www.iqra.ahlamontada.com

تەفسیری تەوحید

تەفسیری قورئان بە قورئان

عبدالقادر تەوحیدی

منتدى اقرأ الثقافي

چاپی یەکەم

١٤٣٥هـ ٢٠١٤م

مەحوی

تفسير

القرآن الكريم

ناوی کتێب: تەفسیری تەوحید

نوسەر: عبد القادر توحیدی

نۆبەتی چاپ: یەکەم

ژمارە سپاردن: (٨٩٦) - سالی (٢٠١٢)

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی الله ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

حەمدو سوپاس بۆ ئەو زاتەی کە منەتی نا بەسەرمانداو پەراوێکی بۆ رەوانە کردین کە هەموی نورو روناکیو هیدایەتە کە مرۆڤی لەتاریکاییەکانی کوفرو بت پەرستیو خۆپەرستیو نەفامی رزگارکردو گەیاندیە راستە رێگای ئیمانو خواپەرستیو خۆناسیو زانیاری، بەراستی پەروەردگار ئەوەندەی نیعمەت پێداوین کە ژماردنی لەتوانای ئێمە دا نیە چ جای سوپاسکردنی، من تەنها ئەوەندە دەتوانم کەسەری بەندایەتی بۆ ئەوزاتە بەرزو بەشکۆیە لەخاك بنێمو بڵێم:

(يَارَبِّ لَكَ الْحَمْدُكَمَا يَنْبَغِي لِجَلَالِ وَجْهِكَ وَعَظِيمِ سُلْطَانِكَ).

دیارە لەسەر زەوی دا هیچ پەراوێك وەك قورئان پێداچونو لێکۆڵینەوەو نوسینی لەسەر نەکراوە تا ئەو شوێنەی کە زانایان سەدان بەشی زانیاریان لەبارەی ئەم پەراوە بەنرخە دامەزراندووە، جا ئێمەش لێرەدا بۆ براو خوشکانی هاوزمانمان بەکورتی چەند زانیاریەکی دەخەینە پێش چاوتان بەهیوای سود لێ وەرگرتن.

وتراوە بناغەی زانیاریەکانی قورئان بەگشتی سێ بەشە، یەکەم: تەوحیدو یەکتاپەرستی، کە ناسینی ناوو وەسفو کردارەکانی پەروەردگارە کە ناسینی مەخلوقاتیش کە نیشانەگەلێکن لە سەر ناسینی ئەو زاتە دەگرێتەوە، دووهەم: ئامۆژگاریو وەبیرخستنەوەیە کە باس لە بەڵێنەکانو هەڕەشەکانی پەروەردگارو بەهەشتوجەهەنەم دەکات، سێهەم: ئەحکامە شەرعیەکانە کە چۆنیەتی عیبادەتەکانو رونکردنەوەی سودەکانو زیانەکانو فەرمان بە چاکەوبەرگری لە خراپە دەگرێتەوە جا بۆیە سورەتی ئیخلاص کە باس لە تەوحید دەکات بە یەك بەش لە سێ بەشی قورئان دانراوە و سورەتی فاتیحەش کە هەر سێ بەشەکەی تێدایە بە " أُمُّ الْكِتَاب" واتە: بە بناغەو ئەصڵی قورئان ناوبراوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ بە تاك باس لەو هەمو علمو زانیاریە سەرسوڕهێنەرانە بکەین کە لە قورئاندایەوتائێستا زانراوە لە راستیدا بەژمارە نایەتو هەموان لەو ئیشە پەك کەوتودەبین، چ جای ئەو هەمو زانیاریانەی کە هێشتا پەردەیان لەسەر لانەدراوە

﴿ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ﴾.

قورئان کەلامی پەروەردگارە:

هەر لە سەردەمی دابەزینی قورئانەوە زۆر بون کەسانێك کە هەوڵیان دەدا کە بڵێن ئەم قورئانە قسەی پەروەردگاری جیهان نیە ، جا دەیان گوت ئەم قورئانە قسەی خودی محمدە بەڵام کاتێك کە موعجیزەکانی پێغەمبەریان دەدی دەیان گوت: ئەم پیاوە ساحیرێکی زانایە، ئەوەکەی تر کە بەلاغەتو پاراوەیی قورئانی دەبینی دەی گوت: ئەمە شاعیرێکی زۆر بەتوانایە یان کاتێك پێغەمبەر باسی زیندوبونەوەو حیسابو کیتابی قیامەتی دەکرد دەیان گوت: ئەمە شێتە،واتە: شێتێکی زاناو قسە زان! بەڵی ئەوانەی کە مەبەستیان تەنها بەرنگاری کردنە جا بەهەر شێوەیەك بێت بەڵگەو قسەکانیان هەر ئاوا دور لە هەر بناغەیەکی علمیو عەقڵیە. دیارە ئەوەی کە موسڵمانو کافر لە بارەی قورئانەوە لەسەری یەك دەنگن ئەوەیە کە ئەم قورئانە لە سەر زمانی کەسێکی نەخوێندەوار لە سەدەی شەشەمی زایینی لە شاری مەکە کە محمدی کوری عەبدوڵای ناو بوە هاتوە، جا ئەم کتێبە پیرۆزە کە ئاوا گەلی عەرەبی کە لەو پەڕی نەزانیو نەفامیدا بوون بەرز کردەوەو شارستانیەتێکی وای پێك هینا کە زلهێزانی فارسو رۆم بەرەنگاری ئەوەیان پێ نەکراو لە هەر سەردەمێکدا هەر گەلێك بە چاکی دەستی پێگرتبێت سەربەرزو سەربەخۆو خاوەن شەرەف بون، وە رۆژ لە دوای رۆژ بە پێش کەوتنی علمو زانیاریەکانی بەشەر هەر رۆژ موعجیزەیەکی ئەو کتێبە پیرۆزە دەردەکەوێتو کۆنە بونی بەسەردا نایەتو لەهەر سەردەمێکدا گەلانێك پەوەردەدەکات کە چاکی خۆیان لە خزمەت کردنی مرۆڤدا دەبینن، پرسیار ئەمەیە کە سەرچاوەی ئەم کتێبە بەنرخە کوێیە و کێیە؟ ئیمەی باوەڕدار باوەڕمان وایە کەلامی الله یە کە رەوانەکراوە بۆ محمد ﷺ کە دوا نێرراوی الله یە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِم

بِـَٔايَةٍ قَالُواْ لَوْلَا ٱجْتَبَيْتَهَاۚ قُلْ إِنَّمَآ أَتَّبِعُ مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ مِن رَّبِّىۚ هَٰذَا بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ /الأعراف: ٢٠٣ / وە هەرکاتێك کە تۆنیشانەیەکیان نیشان نادەیت ئەوان دەڵێن: دەی خۆت بۆ هەڵی نابەستیتو بۆمان باس بکەیت؟ بڵێ: من هەر پەیڕەوی لەوە دەکەم کەبۆم دێت لەلایەن پەروەردگارمەوە، ئەمە چاورۆشنیەکە لەلایەن پەروەردگارتانەوەو رێنمایو رەحمەتە بۆ ئەوگەلەی کەباوەڕدێنن ﴾ وە هەروەها باوەڕمان وایە جیا لە مانای قورئان، وشەکانی قورئانیش لەلایەن پەروەردگارەوە نیگا کراوەتە لای محمد ، جا ئەوەتە پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا/یوسف: ٢ / واتە ئیمە ئەم قورئانەمان بە زمانی عەرەبی رەوانە کردووە ﴾ دیارە ماناو واتا عەربیو عەجەمی نیە بۆ نمونە وشەی "الماء" وشەیەکی عەربیە خویندنەوەو جۆرو ژمارەی پیتەکانی لەگەل وشەی " ئاو" کە وشەیەکی کوردیە جیاوازە، بەڵام مانای هەردو وشەکە یەکە کە ئەوەش خواردنەوەیەکی ناسراوە کە کوردیو عەربی بۆ نیە بەڵام لەهەر زمانێکدا وشەیەك دانراوە بۆ گەیاندنی ئەو مانایە هەروەها وشە گەلێکی وەك : ﴿ ٱقْرَأْ / بخوینەوە /العلق : ١ ﴾ یان ﴿ وَرَتِّلِ / المزمل: ٤ ﴾ یان ﴿ وَٱتْلُ /الکهف : ٢٧ ﴾ وە یان جوڵانەوەی زمان ﴿ لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ /القیامة : ١٦ ﴾ هەمو دەستەواژانێکن کە بۆ وشە بەکار دەهێنرێت نەك بۆ مانایەکی روت،جا کاتێك دەڵێین ئەم قورئانە بە عەربی دابەزیوە مانای ئەوەیە کە وشەکانی وەحیەکن لە لایان پەروەردگارەوە ئەگینا مانا کوردیو عەرەبی بۆ نیە ، جا ئەمە بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەندێك کەدانیان ناوە بەو ماناو مەفهومە گەورانەی کە لە قورئاندا هاتوە بەڵام لەلایەکی ترەوە حەقو راستیان لێ ون بوەو دەڵێن: قورئان ماناکەی هی خودایە بەڵام وشەکانی هی محمدە! بەڵام هەندێکی تر بە پێچەوانەی ئەمانە کە لە رەوان بێژیو زمان پاراوەیی قورئان سەریان سوڕماوە دەڵێن: مانا هی محمدە بەڵام وشەکان هی پەروەردگارە، جا بۆمەبەستی خۆی ئایەتی بیستەمی سورەتی تەکویری دەکرد بە بەڵگە کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُۥ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ /الحاقة: ٤٠ ﴾ جا دەی گوت: واتە ئەم قورئانە قسەی پێغەمبەرە، لەحاڵێکدا پێش هەمو شتێك مەبەست لە لێرەدا ﴿ رَسُولٍ كَرِيمٍ ﴾ جبرەئیلە نەك پێغەمبەر کەئایەتی پاش خۆی رونی دەکاتەوەو کە دەفەرموێ: ﴿ ذِى قُوَّةٍ عِندَ ذِى ٱلْعَرْشِ مَكِينٍ /التکویر: ٢٠ ﴾ واتە ئەمە قسەی جبرەئیلە کە نێرراوێکە قسەی پەروەردگار بە محمدﷺ رادەگەیەنێت، جا چونکە بە هۆی جبرەئیلەوە دابەزیوە قسەکە دراوەتەلای جبرەئیل ئەگینا ئەو هەر نێرراوێکە و بەس، جا ئەگەر باوەڕت بەو ئایەتە هەیەو دەیکەیت بە بەلگە دەبێت باوەڕیشت هەبێت بەم ئایەتە کە ئەو ئایەتەت بۆ مانا دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِىٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾ ﴾ بەڵی بێ باوەڕان دەیانگوت جنۆکەکان دەستیان لێ وەشاندوەو شێت بوەو ئەوەی کە دەیلێت قسە گەلێکن کە هەر ئەو شەیتانانە پێی دەگەیەنن ،جا پەروەردگار بەم ئایەتانە بەرپەرچی دانەوە کە ﴿ إِنَّهُۥ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ ﴿١٩﴾ ذِى قُوَّةٍ عِندَ ذِى ٱلْعَرْشِ مَكِينٍ ﴿٢٠﴾ مُّطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ ﴿٢١﴾ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ ﴿٢٢﴾ /التکویر/ بەڕاستی ئەم قورئانە قسەی ڕەوانەکراوێکی بەڕێزە کە هەرگیز خۆی لە قسەی بچوکو نارێك نادات کەئەم قورئانەی لەبەیتولعیزەوە بەفرمانی خوا گەیاندۆتە محمد ﷺ کەخاوەنی هێزەو لەلای خاوەنی عەرش بە شکۆو پایەبەرزە کەبەگوێکراوە لەناو فریشتەکانداو لەوێدا بەدەمو دەست پاك دەیناسن، مەبەست جوبرەئیلە کە واسیتەیە لەنێوان خواو پێغەمبەرماندا ﷺ و کەلامی خوای هێناوە بۆ پێغەمبەرمان ﷺ و خاوەن هێزە کەهیچ شتێك ناتوانێت دەست بخاتە ناوکاریەوەو ئەمینەو بە رێكوپێکی پەیامەکەی گەیاندوە، ئینجا دەفەرموێ: وەبەڕاستی ڕەفیقەکەی ئێوە کە محمدە ﷺ شێت نیەو قسە لە خۆیەوە ناکات بەڵکو بەڕاستی لەسەر سەریەوە بە ڕۆشنی جبرەئیلی بینیوە، وە ئەو (محمدە ﷺ) سەبارەت بەو شتە نهێنیانەی کە بۆی هاتوە ڕژد نیەو بە هەمو کەسێکی راگەیاندوەو هیچ شتێکی نەشاردوەتەوە، وە ئەو

قورئانە قسەی شەیتانی تارێنراو نیەو ناتوانێت شتێك لەو بارەوە بلێت﴾ وەك لە سورەتی (الشعرا) ئایەتی (٢١٠-٢١٢)دا دەفەرموێ: ﴿شەیتانەكان نەیانهێناوەو بۆیان نیە كەشتی وا بكەن‌و ناتوانن چونكە ئەوان بەرگری كراون لە گوێگرتن﴾.

ئەمرۆ بە هۆی پێشكەوتنی زانیارییەوە هەركەسێك كە خاونی عەقڵ‌و دەرونێكی زیندوبێت كاتێك تەماشای ئایەتەكانی قورئان دەكات هیچ رێگا یەكی بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی كە بلێت: ئەم قورئانە سەرچاوەی زاتێكی زاناو كاربەجێیە كە ئاگای لە هەمو نهێنیەكان‌و رابردوو داهاتوو هەیە، بۆنمونە عیلمی ئەمرۆ بەهۆی بەكار هێنانی زانیاری‌و ئامێرانی پێشكەوتوی ئەمرۆ لەپاش دۆزینەوەو ناسینی "كروموسوم" بۆیان دەركەوت كە پیاو خاوەنی دوو جۆری جیاوازی كروموسوم بە ناوی ئیكس‌و وایە(X Y) بەڵام كروموسومەكانی ئافرەت هەر لە جۆری(X)ە جا بەگشتی كاتێك كروموسومی ئافرەت لە گەڵ كرموسومی (X)ی پیاودا یەك دەگرێت ئەوا كۆرپەكە مێ دەبێت، بەڵام كاتێك لە گەل كرموسومی (Y) پیاوی یەكبگرن ئەوە كۆرپەكە كوڕ دەبێت ئەم زانیاریانە ئەوەدەگەیەنێت كە لەراستیدا نێرو مێ بونی كۆرپە دەگەڕێتەوە بۆ ئاوی پیاو كە تا سەدەی بیستەم وەك زانیاریەكی عیلمی مرۆڤ لێی بێ‌ئاگا بوو، بەڵام دەبینین قورئان زیاتر لە هەزارو چوارسەد ساڵ پێش ئەم بنەما علمیەمان لە سورەتی نەجمدا بۆ باس دەكات‌و دەفەرموێ:

﴿وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰ ﴿٤٥﴾ مِن نُّطۡفَةٍ إِذَا تُمۡنَىٰ ﴿٤٦﴾﴾

واتە لە تۆی پیاو نێرو مێ‌ی دروستكرد. یان ئەو كەسەی كە شارەزایی لە جوغرافیا دا هەبێت چاك دەزانێت دەستەواژەی ﴿أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ/الروم: ٣﴾ لە قورئان بۆ ناوچەی بەحرولەیت زۆر شیاوەو عیلمی ئەمرۆ ئەوەدەسەلمێنێت چونكە ئەو شوێنە قوڵترین وشكای زەویە كە سێسەدو نەوەدو پێنج میتر لە ئاستی دەریادا قوڵترە یان دەبینین قورئان كاتێك كەباسی پاشای میسر لە سەردەمی یوسفی پێغەمبەردا دەكات بە شا "الملك" ناوی دەبات بەڵام كاتێك باسی پاشای سەردەمی موسا دەكات بە فیرعەون ناوی دەبات. جاكاتێك توانرا كە نوسینەكانی كۆن لەلایەن زانایانەوە بخوێنرێتەوە بۆیان دەركەوت كە لەقەبی فیرعەون لە سەردەمی نوێ لە بنەماڵەی هەژدەهەمی پاشایەتی میسرەوە دەست پێدەكات كە لەپێشدا ئەم ناوە نەبوە! یان ئەم قورئانەی كە لەماوەی بیست‌وسێ‌ساڵ لە كات‌و ساتانێكی جیاوازدا دابەزیوە كەچی سەرەتایی‌و كۆتایەكەی لەوپەڕی هەماهەنگی‌و رێك‌و پێكی دایە تەنانەت لە ژمارەی پیتەكان‌و وشەكانیشیدا ئەو هەماهەنگیە رێك‌و پێكە رون‌و ئاشكرایە! ئایا پیاوێكی نەخوێندەوار لە سەدەی شەشەمی زاینیدا دەگونجێ كەخاوەنی ئاوا عیلمێكی وردودەقیق بێت لە بووارەكانی زیندوەرناسی‌و جوگرافیاو كۆمەڵ ناسی‌و مێژوو رەوان بێژیدا؟ بەراستی هیچ خاوەن عەقڵێكی بە ویژدان شتی وا نالێت بەڵكو حەق هەر ئەوەیە كەبلێت:

﴿وَلَوۡ كَانَ مِنۡ عِندِ غَيۡرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا /النساء: ٨٢/ ئەگەر ئەم پەڕاوە لەلایەن جگە لە خوداوە بوایە بەدڵنیاییەوە نارێكییەكی زۆریان تێدا بەدی دەكرد﴾

باشترین تەفسیری قورئان:

تەفسیری وەحی بە وەحی متمانە پێكراوترین‌و باشترین شێوەی لێكۆڵینەوەو تەفسیر كردنە، چونكە ئەوەی كە لە ئایەتێكدا بە سەرجەم‌و تێكڕایی باسكراوە لە ئایەتێكی دیكەدا بەدرێژی باسی هاتوە یان ئەوەی كە لەئایەتێكدا حوكمەكەی بەگشتی هاتوە ئایەتێكی ترتایبەتی دەكاتەوە یان حوكمی واهەیە كە لە ئایەتێكدا هیچ مەرجێكی بۆ دیاری نەكراوە بەڵام لە ئایەتێكی تردا مەرجی بۆدانراوە واتە تەفسیری قورئان بە قورئان، بەشێكی تر لە تەفسیری وەحی بە وەحی لێكۆڵینەوەو تێگەیشتن لە قورئان لە ژێر تیشكی فەرمودەكانی پێغەمبەردایە ﷺ چونكە هەڵسوكەوتی پێغەمبەر ﷺ بەگشتی وێنەی عەمەلی قورئان بوە وەك دایكی باوەڕداران دەڵێت: {كَانَ خُلُقُهُ الْقُرْآنَ/احمد، صححه الألباني/ ئەخلاقی پێغەمبەر قورئان بوە. هەروەها اللەی باڵادەست دەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ / النحل : ٤٤/ ئەم قورئانەمان ناردوە بۆت تا تۆش رۆشنی بكەیتەوە بۆخەڵك ئەوەی كە رەوانە

کراوە بۆیان ﴾ ئەم ئایەتە تێمان دەگەیەنێت کە یەکێك لە ئەرکەکانی سوننەت رون کردنەوەی قورئانە، جا کاتێك پەروەردگار بەڵێنی داوە کە قورئان بپارێزێت بەشێك لەو پاراستنە پاراستنی روشنکەرەوەکەیەتی کە سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ کەواتە بەڵێنی پاراستنی سونەتیشی پێداوین ، بەڵێ ئەوەی لە ئایەتێکدا بەکورتی باسی کراوە دەبینین لە سوننەتی پێغەمبەردا کە بەشێك لە وەحیە رون کراوەتەوە بۆ نمونە حوکمی دز لە قورئان ئاوا باس کراوە ﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا /المائدة:٣٨ / پیاوونافرەتی دز دەستەکانیان ببڕن ﴾ ئەم ئایەتە بەگشتی باس لە حوکمی.هەمو دزێك دەکات، بەڵام سوننەت بۆمان رون دەکاتەوە کە ئەوشتە دزراوە دەبێت لای کەم چارەکی دینارێك نرخی هەبێت‌و لە جێگای تایبەتی خۆیدا بێت‌و ماڵی گشتی نەبێت، هەروەها رونی دەکاتەوە کە مەبەست برینی دەست لە جومگەدایە، بەڵێ قورئان بە زمانی عەرەبی پاراو دابەزی جا عەرەبەکان لەمانای رونی قورئان زۆر بەباشی تێدەگەیشتن بەڵام جاری وایشبووە کە پێویست دەکرا بۆ تێگەیشتن لە ماناو مەبەستی ئایەتانێك پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ بکەن تا بۆیان رون بێتەوە کە مەبەست چیە، بۆ نمونە:کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی کە دەفەرموێ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ /الأنعام: ٨٢ ﴾ هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەرﷺ کام لە ئێمە تۆشی تاوان‌و زوڵم نەبوە؟ جا پێغەمبەرﷺ بۆی رون کردنەوە کە مەبەست لە زوڵم شیرکە.

وەهەروەها رونکردنەوەی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ لەسەر هۆی دابەزینی ئایەتەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ لێکۆلینەوەو تێگەیشتنی ئایەتەکان، چونکە ئەوان لە کاتی دابەزینی ئایەتەکان‌و هۆکاری دابەزینیان بە باشی لێی ئاگادار بون دیارە کەسێك بە باشی لە مەبەستی وتەیەك تێدەگات کە بزانێت لە چ بارودۆخێکداو بە چ هۆکارێك ئەو قسە کراوە، جا بۆیە تێگەیشتنی ئەوان لە ئایەتەکان لە هەمو تێگەشتنەکانی تر بەنرخترەو پێویستە رەچاو بکرێن ئەگینا زۆر نزیکە کە لەماناو مەبەستی ئایەتەکە وەك خۆی تێنەگەین. ئەسلمی کوڕی عیمران دەڵێت: کاتێك روبەڕوی سوپای رۆمیەکان بوینەوە یەکێك لەموسڵمانان بەتەنهایی هێرشی کردەسەر سوپای رۆمییەکان خەڵك کە بینایان گوتیان: لاإله إلاالله ئەدەبو ئاوای بکردایە خۆی بەدەستی خۆی، خۆی لەناوبرد، واتە: مەبەستیان ئایتی ١٩٥ی سورەتی بەقەرە بو کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تُلۡقُواْ بِأَيۡدِيكُمۡ إِلَى ٱلتَّهۡلُكَةِ ﴾ بەڵام ئەبونەیوب کە یەکێك لەیارانی پێغەمبەر بو کاتێك بینی کە ئەو خەڵکە ئایەتەکەیان بەم شێوە مانا کردەوە وتی: { إِنَّمَانَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةُ فِينَا مَعْشَرَ الْأَنْصَارِ لَمَّا نَصَرَ اللَّهُ نَبِيَّهُ وَأَظْهَرَ الْإِسْلَامَ قُلْنَا هَلُمَّ نُقِيمُ فِي أَمْوَالِنَاوَ نُصْلِحُهَافَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى وَ أَنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَ لَاتُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ فَالْإِلْقَاءُ بِالْأَيْدِي إِلَى التَّهْلُكَةِ أَنْ نُقِيمَ فِي أَمْوَالِنَاوَنُصْلِحَهَا وَ نَدَعَ الْجِهَادَ / ئەم ئایەتە هەر لەسەر ئێمەی ئەنصار دابەزی، کاتێك الله پێغەمبەری یارمەتیداو ئیسلامی سەرخست وتمان: جا با ئێمەش برۆین لەمەولا دەستبگرین بە ماڵ‌و سامانمانەوەو هەوڵ بدەین بۆ چاك کردنی جا ئەم ئایەتە دابەزی، واتە: مەبەست لە "لەناوچون" مانەوەیە لەناو ماڵ‌و سامان‌و وازهێنانە لە جیهاد نەك شەهادەت لەسەر ئاینی خوا. بەم شێوەیە ئەبو ئەیوب تێی گەیاندن کە مەبەستی ئایەتەکە چیەو بۆچی دابەزیوە، وەیان لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا چەند کەسانێك دەستیانگرت بە ئایەتی ٩٣ی سورەتی مائیدەوەکە دەفەرموێ: ﴿ لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ...﴾ جا ئەمەیان کرد بەبەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر کەسێك باوەڕدارو خاوەنی کرداری چاك بێت ئەوا لە خواردنەوەی شەراب توشی تاوان نابێت کە ئەمەش بە هۆی بێئاگاییان لە هۆی دابەزینی ئایەتەکەبوو کە لە وەڵامی ئەو پرسیارەداهاتوەکە ئایا ئەوانەی لە پێشدا شەرابیان خواردەتەوە پێش حەرام بونی‌و مردوون لەلایەن پەروەردگارەوە تاوانێکیان لە سەر هەیە؟ جا ئەم ئایەتەدابەزی، ئەمە نمونەیەك بو بۆ ئەوەی کە هەرکەس بییەوێت لە قورئان تێبگات پێویستە ئاگای لەو روداوو

هۆكارانه هەبێت كه ئایەتەكانی بۆ دابەزیوه. سوپاس بۆ الله، ئێمەش لەم تەفسیرەدا تائەوجێگایەی توانیومانه لەسەر ئەم سێ خاڵه رۆیشتوین بەڵام بۆ ئەوەی كه كورتی تەفسیرەكه پارێزراوبێت زۆرجار ئایەتێكمان بەیارمەتی لەئایەتێكی تر ماناكردوەتەوه به بێ ئەوەی به راشكاوی ئاماژەمان پێكردبێت هەندێ جاریش لەبەرهۆكارانێك به باشمان زانیوه به رونی ئاماژه به ئایەت یان ئایەتەكان بكەین بەڵام بەهۆی دور كەوتنەوه له تەفسیری قورئان به سوننەت زۆرتر هەوڵمانداوه كه فەرمودەكان بهێنینەوه وه له هۆكاری دابەزینی ئایەتەكان ئەوەی كه پێمان راستو صەحیح بوه ئاماژەمان پێكردوه.وه خراپترین تەفیسر ئەو تەفسیرەیه كه به بیروڕای شەخسیو به بێ دەستگرتن به روناكی سونەتو تیگەیشتنی سەلەفی صالحی ئەم ئومەته لێكۆلینەوەو تەفسیر له سەر ئایەتەكان بكرێتەوه، تەفسیر كردنی قورئان بەم شێوەیه حەرامەو هۆكاری لەناوچونی ئومەته وەك پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {هَلَاكُ أُمَّتِي فِي الْكِتَابِ وَاللَّبَنِ قَالُوا يَارَسُولَ اللَّهِ مَاالْكِتَابُ وَاللَّبَنُ؟ قَالَ يَتَعَلَّمُونَ الْقُرْآنَ فَيَتَأَوَّلُونَهُ عَلَى غَيْرِمَاأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ وَيُحِبُّونَ اللَّبَنَ فَيَدَعُونَ الْجَمَاعَاتِ وَالْجُمَعَ وَيَبْدُونَ/أحمد،صححه الألباني/ لەناوچونی ئومەتەكەم بەهۆی ئەم پەڕاوەو شیرەوەیه وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەست لەوپەڕاوەوشیرەچییه؟ فەرموی: ئەم قورئانه دەزانن ،جا بەكەیفی خۆیان مانای دەكەن بێ ئەوەی كه لەسەرئەومانایه بێت كه خوای دەسەلاتدارو باشكۆ رەوانەی كردوه، وەشیریان خۆش دەوێت بەدوای مەڕومالات دەكەونو روو لەچۆڵاییو بیابانەكان دەكەن ، ئەوسا وازلەجەماعەت وجومعه دەهێنن} جا بۆیه پیاوانی سەلەفی ئەم ئومەته دەیان گوت: {أيُّ سماءٍ تُظِلُّنِي وأيُّ أرضٍ تُقِلُّنِي إذا قلتُ في كتابِ اللهِ مالا أعلمُ ؟ كام ئاسمان سێبەرم بۆ بكاتو كام زەوی هەڵم گرێت هەركاتێك بەبێ زانیاری لەپەڕاوەكەی خوادا شتێك بڵێم؟}

بەڵێ نوسەری هەموكیتابەكان هەر له سەرەتای كتێبەكەیدا باس له كەم كوڕی كتیبەكەی دەكات ، بەڵام بەپێچەوانه هەر تەنها قورئانه رو له هەمو بونەوەر دەكاتو بێباكانه دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ /البقرة: ٢/ ئەوقورئانه هیچ گومانێكی تێدانیه ﴾ بەڵام ئەوەی كه ئیمه وەك تەفسیرو لێكۆڵینەوەیك به پێی عیلمو زانیاری خۆمان لەم تەفسیرەدا باسمان كردوه خاڵی له هەڵه نیه، جا ئەوەی راست بو لەلایان الله و پێغەمبەرەكەیەتی و هیوادارین كه لێمان وەرگرێت وه ئەوش كه هەڵەیه له ئێمەیه كه داوای لێخۆشبون له پەروەردگارمان دەكەینو لەلوتفی وا چاوەڕێ دەكەین كەبۆمان بگۆڕێتەوه بەچاكه چونكه مەبەستێكی خراپمان نیه.

كۆكردنەوەی قورئان :

كۆكردنەوەی قورئان به چوار مانا هاتوه:

یەكەم لەبەركردنی قورئان: كه ئەمه هەر له خودی پێغەمبەردا روی داوه، هەروەك الله دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي بَعَثَ فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ/ الجمعة: ٢/ ئەو(خوا) ئەو زاتەیه كه لەناو نەخوێندەوارانذا پێغەمبەرێكی له خۆیان بۆ ڕەوانەكردن كه نیشانەكانی خودا دەخوێنێتەوه بەسەریانداو پاكیان دەكاتەوه له نەفامیو بت پەرستیو فێری ئەم قورئانەیان دەكات ئەگەرچی پێش ئەم قورئانه له سەرگەردانیەكی ئاشكرای وادا بون كه له داروبەرد هەیكەلیان دەتاشیوپاشان بەندایەتیان بۆدەكردنو لێیان دەپاڕانەوەو لێیشیان دەترسان؟!﴾ گەلی عەرب پێش هاتنی ئیسلام گەلێكی نەخوێندەواربوونو نەیاندەتوانی ئەوەی كه دەیانەوێت بینوسن جا ئەوەی كه دەیانویست بیپارێزن، لەبەریان دەكرد وەك لەنیشانەكانی پێغەمبەرایەتی محمد ﷺ ئەوه بوو كه ئەویش نەخوینەواربوو تا هیچ گومانیك نەبێت لەوەی كه ئەوەی پێغەمبەر هێناویەتی له خوێندەواری خۆی دەستی نەكەوتوه بەڵكو پەیامێكی خواییه، پێغەمبەری خوا ﷺ هەركات ئایەتەكانی قورئانی بۆ دادەبەزی زۆر بەخێرایی دووبارەی دەكردنەوه له ترسی له بیری چونەوه بەڵام پارێزگاری قورئان كاری زاتێكه كه

توانایی بەسەر هەمو شتێکدا هەیە ، جا بۆیە بە پێغەمبەرەکەی فەرمو: ﴿ لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ /القيامة/ هیج تەکانێك بە زمانت مەدە بۆ ئەوەی پەلەبکەیت بە خوێندنی ئەم قورئانە (مەترسە لە لەبیرچونەوەی) چونکە بەڕاستی ئێمە ئەو قورئانە کۆدەکەینەوەو بۆت دەخوێنینەوە، جا هەر کاتێك ئێمە خوێندمانەوە بۆت لەڕێگای جبرەئیلەوە ئەوسا تۆیش بەدوای خوێندنەوەی ئەودا برۆ و لەکاتی خوێندنیدا تەنها گوێ بگرەو بێ دەنگ بە و قسە مەکە ﴾ جا پێغەمبەرﷺ بەوشێوەی کە قورئانی بۆ رەوانەکراوە بەبێ ئەوەی کە شتێك لەبیر بکات یان لەبیری بچێت هەموی بە ئومەتەکەی راگەیاندوە مەگەر ئەوەی کە ویستی الله ی لە سەربێت کە لەبیری پێغەمبەرﷺ بباتەوە وەك دەفەرموێ ﴿ سَنُقْرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ /الأعلى :٦/ئێمە بۆت دەخوێنینەوە ئەوسا لەبیرت ناچێت مەگەر ئەوەی کە خوا ئارەزۆی لێبێت﴾ بەڵام لەدوای ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ ئەوئایەتەی راگەیاندوەبە یارەکانیو ئەوانەی کە نوسەر وەحی بوون دەیان نوسی دەگونجێت وەك مرۆڤ ئایەت یان ئایەتانێکی لەبیر کردبێت بەڵام خوای گەورە بەبیری هیناوەتەوە ئەگەرچی بە هۆی یارەکارەکانیشی بێت. دایکمان عایشە دەڵێت: {سَمِعَ النَّبِيُّ ﷺ قَارِئًا يَقْرَأُ مِنَ اللَّيْلِ فِي الْمَسْجِدِ فَقَالَ: يَرْحَمُهُ اللهُ، لَقَدْ أَذْكَرَنِي كَذَا وَكَذَا آيَةً أَسْقَطْتُهَا مِنْ سُورَةِ كَذَا وَكَذَا. وفي رواية: أُنْسِيتُهَا. /البخاري/ پێغەمبەرﷺ لەشەودا گوێی لێ بو یەکێك لەمزگەوتدا قورئانی دەخوێندەوە ،جا فەرموی: رەحمەتی خوای لێ بێت بەراستی فلانو فلان ئایەتی لەسورەتی فلانو فلانداکەلەبیرم چو بو خستییەوەبیرم . لەریوایەتێکی تردا:لەبیرم برابویەوە.}

نەوەوەی لە مانای"كنت أُنْسِيتُهَا"دەڵێت: (دَليلٌ على جَوازِ النّسيَانِ عَليهِ فيمَا قَد بَلّغَه إلى الأمَة/ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە شتێك کەبە ئومەتەکەی راگەیاندبێت لەبیری بچێتەوە) چونکە ئەویش لەمبارەوە وەك خەڵکی تر وایە، بەڵام ئەوەندەی جیاوازە کە ئەو ئاگادار دەکرایەوە بەو شێوەی کە خوا خۆی ئارەزۆی لێبوایە هەر وەکو ئیجتهادەکانی ، وە ژمارەیەکی زۆر لە یارانی پێغەمبەرﷺ هەر بە بیستنی قورئان لە پێغەمبەرەوە لەبەریان دەکرد هەرلە "بئر معونة"نزیکەی حەفتا لە حافیزانی قورئان کوژراون. دیارە ئەمانە ئەوەی لە قورئان تا ئەوکاتە دابەزیوە لەبەریان بووە، وە لەروداوی یەمامەیشدا کە لەسەردمی ئیمامی ئەبوبەکر لە ساڵی یازدەی کۆچی رویداوەلە سوپای موسڵمانان نۆسەدوشەست کەس شەهید کران کە زیاتر لە شەش سەد کەسیان لە یارانی پێغەمبەر بوون جا لەم روداوەدا نزیکەی پێنج سەد کەس کە قورئانیان لەبەر بوو کوژران. ئەگەرچی ئەوەی کە ئەم ئومەتە دەمبەدەمو سینگ بە سینگو جیل بە جیل قورئانیان لەیەکتر بیستوەوبەو بیستنە لەیەکتریان وەرگرتوەکەگەورەیو شەرفێکی تایبەتە بۆ ئەم ئومەتە بەڵام هەر لە سەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئاندا بە هۆی گرنگی پێدانی پێغەمبەرﷺو یارەکانی بە قورئانی پیرۆز دەیشنوسرایەوە ئەوە بو هەرکاتێك قورئان دادەبەزی پێغەمبەرﷺ نوسەرانی وەحی بانگ دەکرد تا بینوسن جا وشەیەك بێت یان سورەتێکی تەواو زەیدی کوڕی سابت دەڵێت: لای پێغەمبەرﷺ دا بوم کە وەحی بۆهات جا پێی فەرموم:{اكْتُبْ/بنوسە}ئینجامنیش لە ئێسکی شان(کتف)دا نوسیم: ﴿ لَّا يَسْتَوِى ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُو۟لِى ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ .../النساء :٩٥ ﴾ تا کۆتای ئایەتەکە ئیبنوئومی مەکتوم کە پیاوێکی کوێر بو وتی: ئەی پێغەمبەرﷺئەی ئەوانەی کە جیهادیان پێناکرێت چۆنن؟ جا دووبارە وەحی دابەزیوئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {اقْرَأْ يَا زَيْدُ/ئەی زەید ئایەتەکە بخوێنەرەوە} منیش خوێندمەوە:﴿لَّا يَسْتَوِى ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾جا پێغەمبەر فەرموی:﴿ غَيْرُ أُو۟لِى ٱلضَّرَرِ ﴾ زەید دەڵێت: ئەم وشەیە پەروەردگار بەتەنهایی رەوانەی کرد ، جا منیش لە جێی خۆی لە ئایەتەکەدا دامنا کە پێشتر نوسی بووم (ابوداود، الألباني: حسن صحيح)

وە لە ئیبنوعەباسەوە هاتوە کە لە بارەی سورەتی ئەنعامەوە دەڵێت : {هِيَ مَكيَةٌ، نُزِلَتْ جُملَةً وَاحدةً، نُزِلَت

لیلاً، وَكَتَبوهَا مِن لَيلَتِهِم / زاد المسير في علم التفسير، محاسن التأويل/ ئەوسورەتە مەكەییە كە بە شەو بەیەكجار دابەزیوەو هەر لەو شەوەیشدا نوسیویانە} زەیدی كوڕی سابت دەڵێت:{كُنَّاعِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ نُؤَلِّفُ الْقُرْآنَ مِنْ الرِّقَاعِ/الترمذي، صححه الألباني/ ئێمە لە خزمەت پێغەمبەر ﷺدا قورئانمان كۆ دەكردەوەو لە پارچە ئێسكو شتیوادا دەمانوسییەوە } بەڵێ یارانی پێغەمبەر لە چیدا بۆیان دەرەخسا وەك پێستو ئێسك قورئانیان دەنوسیوە واتە هەرلە سەردەمی پێغەمبەرﷺ دا قورئان نوسراوە ئەگەرچی هەموی لە یەك پەڕدا كۆنەكراوەتەوە چونكە قورئان بەردەوام لەماوەی زیاتر لە بیست ساڵ دا دابەزیوە.

كۆكردنەوەیَ ئایەتەكانی هەر سورەتو دانانی لە جێی خۆیدا لەو سورەتەدا: جبریل عليه السلام كە دادەبەزیو ئایەتانێكی دەهێنایە خوارەوە ڕێنمایی پێغەمبەریﷺ دەكرد كە ئەم ئایەتانە سەر بەكام سورەتنو شوێنەكەی كوێیە پاشان پێغەمبەر بە نوسەرانی وەحی فرمانی دەدا كە ئەو ئایەتانە لەو شوێنانەدا دابنێن.

قازی ئەبو بەكری باقلانی دەڵێت: (تَرتيبُ الآياتِ أمرٌ واجبٌ، وحُكمٌ لازمٌ، فَقَد كانَ جِبريلُ يَقول: ضَعُوا آيةَ كَذَا فِي مَوضِعِ كَذَا/ البرهان في علوم القرآن/ دانانی ئایەتەكان لەجێگای خۆیاندا كارێكی پێویستەوبڕیارێكی چەسپاوە چونكە بەراستی جبرەئیل دەیفەرمو: ئایەتی فلاَنی لەجێگای فلاَنیدا دابنێن)

بێگومان ڕێكخستنی ئایەتەكانی هەرسورەتو دانانی هەركام لە شوێنی خۆی دا بەفرمانی الله بوە بەو شێوازەی كە ئەمڕۆ لە قورئاندا نوسراوەتەوەو بە بێ ئەوەی كە هیچ گۆڕانكاریەكی بەسەردا هاتبێت و فەرمودەكەی ئیمامی عوسمان یان ئەوەی زەیدی كوری سابت كە پێشتر باسكرا بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە شوێنی ئایەتەكانو ڕێكخستنیان ئەمرێكی تەوقیفیە، هەروەها بەڵگەیەكی تر كە ئەوە دەسەلمێنێ كە شوێنی ئایەتەكان هەر لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺدا دیاری كراوە ئەوە یە كە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرمو: { أُعْطِيتُ خَوَاتِيمَ سُورَةِ الْبَقَرَةِ مِنْ بَيْتِ كَنْزٍ مِنْ تَحْتِ الْعَرْشِ/احمد، صححه الالباني/ كۆتای سورەتی بەقەرە لە ماڵێكی خەزانەوە لە ژێر عەرشدا پێم بەخشراوە } یان ئەوەی كە عومەری كوڕی خەتاب دەڵێت:{مَا رَاجَعْتُ رَسُولَ اللَّهِﷺفِي شَيْءٍ مَا رَاجَعْتُهُ فِي الْكَلالَةِ، وَمَا أَغْلَظَ لِي فِي شَيْءٍ مَا أَغْلَظَ لِي فِيهِ، حَتَّى طَعَنَ بِإِصْبَعِهِ فِي صَدْرِي فَقَالَ: يَا عُمَرُ أَلا تَكْفِيكَ آيَةُ الصَّيْفِ الَّتِي فِي آخِرِ سُورَةِ النِّسَاءِ/مسلم/ نەگەڕاومەتەوە لای پێغەمبەر ﷺ بۆپرسیاری هیچ شتێك بەوئەندازەی كە بۆ مەسئەلەی كەلالە گەڕامەتەوەلای لەهیچ شتێكیشدا توند نەبوە لێم بەو ئەندازەی لەو بارەوە توندبوە لێم هەتا بەپەنجەی دای لەسینگمو فەرموی: ئەی عومەرئایا ئەوئایەتەی هاوین كەلەكۆتای سورەتی نیساء دا یە بەست نیە؟} كەواتە هەر لە سەردەمی پێغەمبەر شوێنی ئایەتەكانی هەر سورەت دیاری كراوە. عەبدوڵای كوڕی زوبەیر دەڵێت: { قُلْتُ لِعُثْمَانَ هَذِهِ الآيَةُ الَّتِي فِي الْبَقَرَةِ ﴿وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿ غَيْرَ إِخْرَاجٍ ﴾ قَدْ نَسَخَتْهَا الأُخْرَى فَلِمَ تَكْتُبُهَا؟ قَالَ: تَدَعُهَا، يَا ابْنَ أَخِي لا أُغَيِّرُ شَيْئًا مِنْهُ مِنْ مَكَانِهِ/البخاري/ وتم بەعوسمان ئەم ئایەتەی كە لەبەقەرەدایە ﴿وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿ غَيْرَ إِخْرَاجٍ ﴾ بەراستی ئایەتەكەی تر هەڵیوەشاندوتەوە جا بۆنوسیوتە؟ وتی: وازی لێ بهێنە ئەی برازام من نامەوێ شتێك لەوقورئانە بگۆڕم لەجێگای خۆیدا} ئەم فەرمودەیە بەراشكاوی ئەوە پیشاندەدات كە یارانی پێغەمبەر ﷺچۆن شوێنی ئایەتەكانیان وەرگرتوە لە پێغەمبەرەوەﷺ هەربەو شێوە نوسیویانەتەوە و باوەڕیان وابوە كە ئێرە جێی ئیجتهادو بۆچون نییە.

كۆكردنەوەی یەك لەدوایەكی هەمو سورەتەكانو دانانی هەركام لە شوینی خۆیدا لەیەك پەڕاودا: هیچ گومانێك لەوەدا نییە كەدانانی هەر ئایەتێك لە شوێنی خۆیدا ئەمرێكی تەوقیفیەو بە فرمانی پێغەمبەرﷺبوەو هیچ ئایەتێكیش پێشوپاش نەكراوە، وە ئەمە كۆی دەنگی زانایانی ئیسلامی لەسەرە بەڵام لەسەر ئەوەی كە ڕێكخستنی سورەتەكان یەك لەدوای یەك بەوشێوەیە كە بە فاتیحە دەست پێبكاتو پاشان بەقەرەو ئینجا ئالی عیمران تا بە ناس كوتای پێدێت ئایا ئەویش پێغەمبەر

ﷺ بوە یان یارەكانی پێغەمبەر بەئیجتهادی خۆیان ئاوا ڕێكیانخستون، لە نێوان زانایاندا ناكۆكی هەیە هەندێك: پێیان وایە ئەمە بە ئیجتهادی سەحابە بوە بەڵام هەندێكیتر پێیان وایە ڕێكخستنی سورەتەكان جگە لە سورەتی تەوبەو ئەنفال بە فرمانی پێغەمبەرﷺ بوە وەك بەیهەقیو سیوتی، هندێكیتر پێیان وایە ڕێكخستنی هەمو سورەتەكان یەك لەدوای یەك هەر بە فرمانو شوێنكەوتنی پێغەمبەر بوەو ئەمەش لە حەق نزیكترە ، چونكە پەروەردگار كۆكردنەوەی قورئان كە كەلامی الله یەو گەورەترین موعجیزەی پێغەمبەرﷺو ڕۆشنترین هیدایەتە خۆی بەئەستۆی گرتوە وەك دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ /القیامة ﴾جا بێگومان كۆكردنەوەی قورئان دەبێ بەوشێوەیە بێت كە الله پێی ڕازییەو ویستی لەسەریەتی جا الله چاكترین پیاوان دەكات بە ئەسبابی بەجێهێنانی وەعدەكەی خۆی، دیارە ئەوەی كە یارانی پێغەمبەر لە شێوەكانی تری ڕێكخستنی سورەتەكان و ڕێكخستنیان بەگوێرەی دابەزینیان وازیان هێناوەو لەسەر ئەم شێوازە كۆ بونەتەوە خۆی باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەم شێوازی ڕێكخستنی سورەتانە لە سەر بنەمایەكی بتەو بووە، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: { إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى قَدْ أَجَارَ أُمَّتِي مِنْ أَنْ تَجْتَمِعَ عَلَى ضَلاَلَةٍ / ابن أبي عاصم، حسنه الالباني. السلسة الصحيحة/ بێگومان الله ئومەتی منی پاراستوە لەوەی كەلەسەر گومڕاهی یەكبگرن}وە دیارە چاكترین ئومەت یارانی پێغەمبەرن ﷺ، كە لە ئەنجامدا هەمویان لە سەر ئەو پەڕاوە(قورئانە) كە عوسمانی كوڕی عەفان كۆی كردەوە یەكدەنگبون. بەڵێ لە دوای ئەوەی كە پێغەمبەرﷺ كۆچی دوایی كرد دابەزینی قورئانیش تەواو بو، جا بۆ ئەوەی كە قورئان هەموی لە یەك پەڕاودا كۆبكرێتەوە هەمو شت ئامادەبوو لە سەردەمی ئەبوبەكر دا لە دوای ڕوداوەكەی موسەیلەمەی دۆڕزن كە ئیدیعای پێغەمبەرایەتی دەكردو سوپایەكی سەد هەزار كەسی پێكهێنابوو نزیكەی پێنجسەد كەس لە حافیزانو قورئان خوێنان كوژران ، جا ئەمە وای كرد كە عومەری كوڕی خەتاب داوا لە ئەبوبەكربكات كە قورئان هەموی لە یەك پەڕاودا كۆبكرێتەوەو وتی:{إِنَّ الْقَتْلَ قَدِ اسْتَحَرَّ يَوْمَ الْيَمَامَةِ بِقُرَّاءِ الْقُرْآنِ وَإِنِّي أَخْشَى أَنْ يَسْتَحِرَّ الْقَتْلُ بِالْقُرَّاءِ بِالْمَوَاطِنِ. /البخاري/بێگومان لەڕۆژی یەمامەدا كوشتارێكی زۆرهەبوو لەناو ئەوكەسانەی كە قورئانیان لەبەرەو بەراستی من دەترسم لەجێگای تردا ئەوكوشتارە لە ناو قورئان لەبەراندا زۆرببێو بونی قورئان بكەوێتە مەترسییەوە} جا پاش ئەوەی كە ئەبوبەكر دڵی لەسەر ئەم قسەی عومەرە سەقامگیر بو بە زەیدی كوڕی سابت كە لە نوسەرانو حافیزانی قورئان بو وتی:{إِنَّكَ رَجُلٌ شَابٌّ عَاقِلٌ وَلاَ نَتَّهِمُكَ، كُنْتَ تَكْتُبُ الْوَحْيَ لِرَسُولِ اللهِ ؟ فَتَتَبَّعِ الْقُرْآنَ فَاجْمَعْهُ/ بێگومان تۆگەنجێكی ژیریو گومانی خراپت لێ ناكەین، تۆ وەحییت بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەنوسیەوە؟ جاتۆ بەدوای قورئاندا بڕۆو كۆی بكەرەوە} ئەبو عەبدورەحمانی سەلەمی دەڵێت:{ قرأ زيد بن ثابت على رَسُول اللهِ ﷺفي العام الذي توفَّاه الله فيه مرتين، وإنَّما سمِّيَت هذه القراءة قراءة زيد بن ثابت؛ لأنه كتبها لرَسُول اللهِ ﷺ، وقرأها عليه وشهد العرضة الأخيرة، وكان يقرئ الناس بها حتى مات، ولذلك اعتمده أبو بكر وعمر في جمعه، وولاه عثمان كتبة المصاحف./ البرهان في علوم القرآن/ زەیدی كوڕی سابیت لەوساڵەی كە پێغەمبەری خواﷺ وەفاتی تێدا كرد دووجار قورئانی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺخوێندۆتەوە هەر لەبەر ئەوە ئەم خوێندنەوە ناونرا خوێندنەوەی زەیدی كوڕی سابیت چونكە بۆ پێغەمبەری خوای ﷺ نوسیوەتەوەو بۆی خوێندوەتەوەو ئامادەی دواترین ڕانواندن بوە و بەوشێوەیەش بەخەڵكی دەوت هەتا وەفاتی كردوە و هەر لەبەر ئەوەیشبو كە ئەبوبەكرو عومەر پشتیان پێ بەست لەكۆكردنەوەی قورئاندا، وە عوسمانیش كردی بەسەرپەرستی نوسەرانی قورئان}زەید هەستا بۆ ئەم ئیشە پیرۆزەو بە هاوكاری هەندێ لە یارە بەرێزەكان وەك عومەری كوڕی خەتابو ئوبەیەی كوڕی كەعب، هەمو قورئانی كۆ كردەوە ،جا ئەم پەڕاوە لە سەردەمی ئەبوبەكردا لای ئەبوبەكرو پاشان لای عومر هەڵگیرا لە پاش عومەریش درابە دەستی كچەكەی كەحەفصەی خێزانی پێغەمبەربوو، بەڵام دوای ئەوەی كە وڵاتی

ئیسلامی بەربڵاو بویەوەو لەهەندی شوێندا لە سەر شێوازی خوێندەوەی قورئان ئیختیلافو ناکۆکی دروست بوولەسەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا، حوزەیفەی کوڕی یەمان کە لە فەتحی ئەرمینیاو ئازەربیجان لە ساڵی بیستو پێنجی کۆچی هاوبەشی کردبو دی کەخەڵکی شامو خەڵکی عێراق هەرکام بە شێوازێکی جیاواز قورئان دەخوێننەوەو ناکۆکی زۆریان لە نێوان دروست بوە جا کاتێك گەڕایەوە بۆلای عوسمان داوای لێکرد کە ئەم ناکۆکیە لابات و پێی وت: {يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، أَدْرِكْ هَذِهِ الأُمَّةَ قَبْلَ أَنْ يَخْتَلِفُوا فِي الْكِتَابِ اخْتِلاَفَ الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى/البخاري/ ئەی پێشەوای باوەڕداران فریای ئەم ئومەتە بکەوە پێش ئەوەی کە ناکۆکیان تێبکەوێت لەبارەی ئەم قورئانەوە وەك ئەوناکۆکیەی کە کەوتە نێوان جولەکەو گاورەوە} جا عوسمان بۆ ئەوەی ئەم ناکۆکیە کە نزیك بو فیتنەیەکی گەورەی لێبکەوێتەوە بنبڕ بکات دوانزەکەس کە لەوانە زەیدی کوڕی سابتو ئۆبەیەی کوڕی کەعب و سەعیدی کوڕی عاص بون رای سپاردن کە لە روی ئەو پەڕاوەی کە لەلای حەفصەی خێزانی پێغەمبەرە ﷺ پەڕاوانێکی تر بنوسرێت تا بۆ هەروڵاتێك دانەیەك بنێررێت تا لە کاتی رودانی هەر ناکۆکیەك لە خوێندنەوەی قورئاندا بۆ ئەو پەڕاوە وەك سەرچاوەیەك بگەڕێنەوە، مەبەستی عوسمان لەم ئیشە کۆ کردنەوەی موسڵمانان لەسەر ئەو شێوازە خوێندنەوانە بوو کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ سابت بوە کەهیچ پێش و پاشێکی تێدانیەو خاڵی لەو حوکمانەیە کە خوێندنەوەکەی سڕاوەتەوەو جبرەئیل عليه السلام بەو شێوازە دوو جار لە ئاخرین رەمەزانی عومری پێغەمبەر ﷺ دا بۆی خوێندوەتەوە، جاپاش تەواو بونی نوسینی پەڕاوەکە عوسمان هەر پەڕاوێکی لە گەڵ یەك لەوانەی کە شارەزای باشیان لە خوێندنەوەی قورئاندا هەبوە نارد بۆ وڵاتانی ئیسلامی،خوا جەزای بەخێری هاوەڵانی پێغەرمبەری ئازیزمان ﷺ بداتەوە بۆئەوخزمەتە گەورانەی کە کردویانە بەئاینەکەی خواو پێغەمبەرەکەی وموسڵمانان.

الله قورئان دەپارێزێت

ئومەتی ئیسلامی بەتێکڕایی باوەڕی وایە کە قورئان کەلامی الله یەو ئەوەی باوەڕی پێی نەبێت کافرە وەك پەروەردگار دەفەرموێ:﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ /هود: ١٧/ هەرکام لەوانە کەباوەڕی پێنەکەن ئەوسا ئاگرجێگایەتی﴾ جا ئەم پەراوە پیرۆزە کە گەورەترین موعجیزەی پێغەمبەرە ﷺ پەروەردگار بەڵێنی داوە کە هەرچۆنێك خۆی رەوانەی کردوە هەرئاواش خۆی بیپارێزێت وەك دەفەرموێ:﴿ نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ /الحجر: ٩/ بێگومان ئێمە خۆمان ئەم قورئانەمان رەوانە کردوەو بێگومان هەر خۆیشمان دەیپارێزین﴾ جا بە بێ کەمو زیاد گەیشتوەتە دەستی ئێمە بەڵام ئەوانەی کەچاوی بینینی سەربەرزی ئومەتی ئیسلامیان نەبوو رقو قینێکی زۆریان لەدڵدابو بەرامبەر بە هاوەڵانی پێغەمبەر کە هەڵگرانی ئاڵای ئیسلام و راگەیەرانی قورئانی پیرۆز بون لە دوای نائومید بونیان لە دژایەتیکردنی ئەم ئایینە بەئاشکرایی باشترین رێگایان بۆ بەرەنگاری کردنی ئەم ئیسلامە لەوەدا بینی کە ئەم جارە بە ناوی ئیسلامەوە دژایەتی لەگەڵ ئیسلامدا بکەن، جا بۆیە دەست درێژیان کردە سەر گەورەترین سەرچاوەی ئیسلام کە قورئانی پیرۆزەو بۆ ئەم مەبەستەش پێش هەمو شتێك دەستیان کرد بە دەمدرێژیکردن لەدژی ئەوانەی کە خزمەتکارو راگەیەنەرو کۆکەرەوەی قورئان بونوگیانو ماڵیان فیدا کردوە تا ئەم قورئانە وەکو هاتوە هەر بەوشێوەیە بە گەلانی پاش خۆیان راگەیەنن ، واتە هاوەڵانی پێغەمبەرمان ﷺ جا ئەمانە دەستیان کرد بە بڵاو کردنەوەی ئەو فیکرە بۆگەنەی خۆیانو هاوەڵانی پێغەمبەر یان کردە ئامانجو بەمونافق و فاسق و پاشگەزبونەوە ناویان دەزڕاندن کەبەم بۆچونە نەفامانەیان دوودڵیان خستە ناو ئومەتی ئیسلامەوە ئەوەتە کولەینی کەیەکێکە لەزانا گەورەکانی شیعە لە کتێبی "الكافي"دا دەگێڕێتەوە کە گوایا ئەبو جەعفەری سادق وتویەتی: (كان النَّاس أهلَ الردةِ بعد النبي ﷺ إلاَّ ثلاثة فقلتُ: ومَن الثلاثة؟ فقال: المقداد بن الأسود، وأبوذر، وسلمان الفارسي...لەپاش فەوتی پێغەمبەر هەمو خەڵك پاشگەزبونەوە جگە لە سێ کەس، جاوتم: کێن ئەو سێ کەسە؟ وتی: میقدادی کوڕی ئەسوەدو ئەبوزەرو سەلمانی

فارسی !) خۆ ئەگەرئەم قسەیە راستبێ هەربەم قسەیەی ئەوان (عەلی وفاتیمەو حەسەنو حوسەینیش) پاشگەز بونەتەوە! یان مەجلیسی کە یەکێکی ترە لە زانایانی شیعە لە کتێبی"حق الیقین"دەگێڕێتەوە کە لەبارەی ئەبوبەکرو عومەرەوە پرسیارکرا لە عەلی کوڕی حوسەین کوڕی عەلی ئەویش لە وەڵامدا وتی: (إنَّهُمَا كانا كافِرَينِ، الَّذي يُحِبُهُما فَهو كافِرٌ أيضاً/ بێگومان هەردووکیان کافرنو ئەو کەسەش کە ئەوانی خۆش بوێت ئەویش هەر کافرە)نازانم ئەگەر راست بێت عەلی باپیری چۆن بەوکافرانە رازی بوە و کچی خۆی بەعومەری کافرداوە؟! جا کەوابو ئەگەر ئەوقسەیەی ئەوان راست بێت ناکرێت متمانە بەم قورئانە بکرێت کە ئەمانە کۆیان کردوەتەوە،بەڵکو باوەڕیان وایە کە: (إن القرآن الذي جاء به جبرائيل عليه السلام إلى محمد ﷺ سبعة عشر ألف آية" ["الكافي" للكليني كتاب فضل القرآن].

ئەم قورئانەی کە جبرەئیل هێناویەتی بۆ محمد ﷺ حەفدە هەزار ئایەتە)ئەمە لەحاڵێکدایە ئەم قورئانەی کە ئێستا لە بەردەست موسڵمانان دایە زۆرکەمترە لە حەوت هەزار ئایەت، بەم شێوەیە هەلێك درا بە دەست گاورو جولەکەکانەوە کە بڵێن هەر بە قسەی موسڵمانان خۆیان قورئانیش گۆڕانکاری تێدا کراوە ، بەڵام ئیبنوحەزم لەوەڵامیاندا دەڵێت:{وأمّا قَولُهُم في دَعوَى الرَّوَافِضِ تَبدِيل القُرآن، فَإنَّ الرَّوافضِ لَيسُوا مِن الْمُسلمين،إنما هَي فِرقةٌ حَدَثَ أولُهَا بَعد مَوت رسولِ الله ﷺ بِخمس وعشرينَ سنة... وهي طائفةٌ تجري مَجرى الْيَهودِ والنَّصارى في الكِذبِ وَالكُفرِ/الفصل في الملل والنحل/واتە: ئەمما پشت بەستنی مەسیحیەکان بە ئیدعای شیعەکان لە گۆڕانکاری لە قورئاندا، جا بە بێگومان کە رافزیەکان لە موسڵمانان نین، (تاکو بوترێت هەندێ لە موسڵمانانیش دەڵێن قورئان گۆڕانکاری تێدا کراوە..!) بەڵکو گەلێکن کە بیستو پێنج سال پاش فەوتی پێغەمبەر ﷺ سەریان هەڵداوەو لە درۆو کوفردا هەربە رێی جولەکەو گاوردا دەڕۆن}.

بەڵێ راستە دین لە فاسقو کافر وەرناگیرێت ، جا کەسێك کە باوەڕی وابووبێت کە ئەصحاب فاسقو مورتەد بونەتەوە دەبێ باوەڕیشی بەم قورئانە نەبێت، وە بە پێچەوانەوە ئەوەی کە باوەڕی بەم قورئانە هەیە دەبێت باوەڕیشی وابێت کە ئەوانەی کە ئەم قورئانەیان کۆکردوتەوە پیاوانی صاڵحو جێی متمانەنو شیاوی ئەوەن کە دینیان لێوەربگیرێت جا هەر ئەمەش حەقو راستە وەك پەروەردگار لە وەسفی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کە هەڵگرانی قورئان بون دەفەرموێ ﴿ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُوا بِهَا بِكَافِرِينَ /الأنعام: ٨٩/ جا بێگومان ئێمە ئەو قورئانە بە گەلێك دەسپێرین کە بێ باوەڕ نین بەو ﴾. هەروەها کەسانێکیترکە دەیانزانی ئەگەر وەك ئە وانەی کە لەپێشدا باسمان کرد باس لە گۆڕینی قورئان بکەن ئەوا ئومەتی ئیسلامی پشتیان تێدەکاتو جێگاو پێگایەکیان دەست ناکەوێت، جا بە شێوازێکیتر بۆ دژایەتی قورئان هاتنە مەیدانەوە ئەمانە هەمو هەوڵێکیان دەدا کەئایەتەکانی قورئان بەشێوەیەك باس بکەن کە لەگەل بیروبۆچونی ئەواندا بگونجێت، جا کاتێك رەخنەیان لێدەگیرا کە چۆن قورئان بەوشێوازە مانا دەکەنەوە؟ دەیان گوت: ئەوەی تۆ باسی دەکەیت زاهیرو روبینی ئایەتەکەیە بەڵام ئەوەی کە ئێمە باسی دەکەین ناوەرۆكو حەقیقەتی ئایەتەکەیە وەك ئەوە لە مانای ئەم ئایەتەدا ﴿ اذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَىٰ /طه: ٢٤ ﴾ دەیانوت: مەبەست لە فیرعەون دڵی مرۆڤە واتە بگەڕێرەوە بۆلای دڵت کە ئەوە توشی سەرکەشی بوە! یان لە ئایەتی ﴿ مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ /الرحمن:١٩ ﴾ مەبەست لە دوو دەریا عەلیو فاتیمەیە ، وە ﴿ يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ ﴾ مەبەست حەسەنو حوسەینە (بحار الانواربابی سیو شەشەم یەکەم ریوایەت).

جا جێی خۆیەتی کە بوترێت ئەگەر ئەو دوو دەریایە ﴿ بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ /الرحمن: ٢٠ ﴾ لەنێوانیاندا پەردەو بەربەست هەیە ﴾ جا حەسەنو حسین چۆن بەدنیا هاتون؟! بەڵێ ئەمانە توانیان بە گۆڕانکاری ئاوا لە ماناو مەبەستی ئایەتەکانی قورئان خەڵکیکی زۆر لە قورئانو بیروبۆچونی راست دوربخەنەوە جگە لەمانە هەندێکیش هەوڵیان داوە بە هۆی دڵ نەخۆشی یان باش تێنەگەیشتنیان لە قورئان بەرنگاری ئەو کتێبە پیرۆزە بکەنو شكو گومان بۆ

باوەڕداران دروست بکەن. هەر لە سەردەمی دابەزینی قورئاندا ئەم ڕەخنەگرتنو خراپ تێگەیشتنانە هەبوە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە قورئان پێك هاتوە لەچوار بەش: بەشێکی هەموکەس لێی تێدەگات، بەشێکی ئەوانە لێی تێدەگەن کە شارەزایان چاکە لە زمانەوانی عەرەبیدا. بەشێکیتری ئەوانە لێی تێدەگەن کە خاوەنی عیلمو زانیاریەکی زۆرن کە پێیان دەوترێت " الراسخون في العلم " وە بەشێکیشی عیلمەکەی تەنها لای پەروەردگارەو کەس وەك خۆی لێی تێناگات. کە ئەم بەشەیان تەنها باوەڕبون پێی پێویستە وموسڵمان هەرئەوەندەی لەسەرە.جارێك کەسێك باسی لەوە دەکرد کە لە قورئاندا شتانێك هەن کە پێچەوانەی یەکترن وەك ئەوەی کە لە شوێنێکدا هاتوە کە دەڵێت: ﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴾ کەواتە سوێند ناخۆم بەم شارەکە مەکەیە بەڵام لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ﴿ وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ ﴾ واتە سوێند دەخوات بەشاری مەکە. بێ ئاگا لەوەی کە "لا" هەموکات لە زمانەوانی عەرەبیدا مانای نەفیو ڕەد کردنەوەنادات تەنانەت هەندێ جار بۆ تەئکیدو جەختکردنەوە بەکاردێت وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ /النساء:٦٥ ﴾ وە جاری واش هەیە کە زیادەیەو کاریگەری مانایی لەسەر ڕستەکەناکات.جا هەر بۆیە لە سورەتی واقیعەدا دەفەرموێ: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ﴾ کە مانای ئەوەنیە کە سوێند ناخۆم ئەوەتە لە درێژەی ئایەتەکە دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ /الواقعة: ٧٦/ بێگومان ئەگەربزانن ئەوە سوێندێکی گەورەیە ﴾ وەیان دەڵێن: لە ئایەتی پانزەی سورەتی یونس گۆڕانکاری لە قورئاندا ڕەت کراوەتەوەو ﴿ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَاتُنَا بَيِّنَٰتٖ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا ٱئۡتِ بِقُرۡءَانٍ غَيۡرِ هَٰذَآ أَوۡ بَدِّلۡهُۚ قُلۡ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلۡقَآيِٕ نَفۡسِيٓۖ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ ... /یونس:١٥ ﴾ بەڵام لە سورەتی نەحلدا باس لەوەدەکات کە گۆڕانکاری رویداوە: ﴿ وَإِذَا بَدَّلۡنَآ ءَايَةٗ مَّكَانَ ءَايَةٖ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مُفۡتَرِۭۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ١٠١ ﴾ لەوەڵامدا دەڵێین: ئەم دوو ئایەتە نەك پێچەوانەی یەکترنین بەڵکو تەواوکەری یەکترن ئایەتی سورەتی یونس باس لەوە دەکات کە کافرەکان داوایان لە پێغەمبەرکرد کە ئەم قورئانە بگۆڕێت ،جا پێغەمبەریش پێی ڕاگەیاندن کە ئەوە لەتوانای ئەودا نیە بەڵکو ئەو تەنها ئەو فرمانانەی کە پێیکراوە ڕایدەگەیەنێت جا لە ئایەتی سورەتی نەحلدا رونی دەکاتەوە کە ئەوە ئیشی الله ی باڵادەستە کە کام ئایەت یان کام حوکمی بیبەوێت دەیگۆڕێت جا باوەڕدار باوەڕی بە هەردوو ئایەتەکە هەیەو پێی وایە کە قورئان هەموی لەلایان پەروەردگارەوەیەو محمدیش دەسەڵاتی گۆڕانکاری تێدا نیە ،جا ئەمەچ دژایەتیەکی تێدا بو؟ وەیان یەکێکی تر کە پێیوابو شارەزای لەزمانی عەرەبی باشە دەی گوت: چۆن دروستە کە لە قورئاندا دەڵێت : ﴿ نَّحۡنُ أَعۡلَمُ /ق: ٤٥ ﴾ بەڵکو دەبێت بیگوتابایە: نحن نعلم...! ئەمانە هەروەك نمونە باس کران بەڵام هەمو ڕەخنەکان کە لە قورئان دەگیرێن لەبەر دوو هۆیە: ڕقو قینێکی زۆر بەرامبەر بە قورئان چونکە ناتوانن ڕاستی ببینن‌و دان بە حەقیقەتدا بنێن یان جەهلو بەهەڵە تێگەیشتنە لە قورئان، بەڵێ زۆرن کەسانێك کە بە هۆی بێ ئاگاییان لە زمانی قورئان بەهەڵە لەمانای قورئان تێدەگەن ، جا هەم خۆیان حەقیان لێ ون دەبێت هەم ڕێ لە خەڵکیش ون دەکەن ، جا ناڵێن ئیمە تێنەگەیشتوین ، بەڵکو دەڵێن ئەوە قورئانە کە ئایەتەکانی پێچەوانەی یەکترن، هەندێکیش بەهۆی ئەو ڕقو قینەوە هەمو بنەمایەکی عیلمی‌و عەقڵی دەخەنە ژێر پێو دەست لەسەر چاوی خۆیان دادەنێن تاکو حەقو حەقیقەت نەبینن جا ئەوەی کە خەوی لێ کەوتوە دەگرێت لە خەو دایچڵەکێنیت بەڵام ئەوەی کە بەدرۆ خۆی بەخەودا بردوە بەفیرەو هاواریش بە ئاگا نایەتەوە جا ئەگەر بە دڵێکی پاك‌ولەسەر بناغەیەکی عیلمی‌و عەقڵی تەماشای قورئان

بکرێت بەو پەڕی دڵنیایەوە دەڵێت﴿ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ /فصلت:٤٢ ﴾

دەست پێکردنی سورەتەکان:

شێوەکانی دەستپێکردنی سورەتەکانی قورئان دە شێوەیە، یەکەم: دەستپێکردن بە سەناو مەدحی پەروەردگار کە ئەمانە دووبەشن، الف: ئەوانەی کە وەسفە چاکەکان بۆ پەروەردگار دەسلمێنن کە حەوت سورەتن کە پێنجیان بە ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ﴾ و دوویشیان بە ﴿ تَبَارَكَ ﴾ دەست پێدەکات.

ب: ئەو سورەتانەن کە بە تەسبیحاتی پەروەردگار دەست پێدەکات کە ئەوانیش هەرحەوت سورەتن کە بە موسەبیحات دەناسرێن. دووهەم: ئەو سورەتانە کە بە بانگ کردن دەست پێدەکەن کە دە سورەتن کە سیانیان بە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾ وەسیانی تر بە﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ﴾ دو سورەتیش بە﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴾وە سورەتی موزەمیلکەبە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ﴾ هەروەها سورەتی مودەسیریش کە بە﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ﴾ دەست پێدەکەن. سێهەم: بیستو سێ سورەتن کە بە رستەی خەبەری دەست پێدەکەن کە ئەم سورەتانن: ئەنفال، تەوبە، نەحل، ئەنبیاء، مۆئمینون، نور، زومەر، محمد، فتح ، قەمەر، رەحمان، موجادەلە، حاقە، مەعاریج، نوح، قیامە، عەبەس، بەلد، قەدر، بەینە، قاریعە، تەکاسور، کەوسەر. چوارەم: ئەو سورەتانەن کە بە سوێند دەست پێدەکەن کە پانزە سورەتن کە ئەمانەن:﴿ وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفًّا ﴾ ﴿وَٱلذَّٰرِيَٰتِ ذَرْوًا ﴾ ﴿وَٱلطُّورِ ﴾ ﴿وَٱلنَّجْمِ إِذَا هَوَىٰ ﴾ ﴿وَٱلْمُرْسَلَٰتِ عُرْفًا ﴾ ﴿وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرْقًا﴾ ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ﴾ ﴿وَٱلشَّمْسِ وَضُحَىٰهَا ﴾ ﴿وَٱلَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰ ﴾ ﴿وَٱلضُّحَىٰ ﴾ ﴿وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيْتُونِ ﴾ ﴿وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ﴾ ﴿وَٱلْعَصْرِ﴾ پێنجەم : دەست پێکردن بە مەرج کە ئەمانەش حەوت سورەتن : واقیعە ، منافیقون، تەکویر، ئینفیتار، ئینشیقاق، زەلزەلەو نەسر. شەشەم: ئەو سورەتانەن کە بە فەرماندان دەست پێدەکەن کە شەش سورەتن: سورەتی جن، عەلەق، کافیرون، ئیخلاص، فەلەقو ناس. حەوتەم: پێنج سورەتیش بە پرسیار کردن دەست پێدەکەن کە ئەمانەن: سورەتی ئینسان، نەبەء، غاشیە، فیلو ماعون. هەشتەم: دەست پێکردن بە هۆ" التعلیل" کە تەنها سورەتی قورەیشە . نۆهەم: ئەو سورەتانەی کە بە دوعا دەست پێدەکەن کە سورەتەکانی موتەففینو هومەزەو مەسەدە. دەهەم: ئەو سورەتانەن کە بە پیتە جیاکان (الحروف المقطعة) دەست پێدەکەن کە ئەمانە بیستو نۆ سورەتن: بەقەرە، ئالی عیمران، ئەعراف، یونس، هود، یوسف، رەعد، ئیبراهیم، حیجر، مریم، تاها، شوعەرا، نەمل، قەصەص، عەنکەبوت، روم، لقمان، سەجدە، یاسین، صاد، غافیر، فوصیلەت، شورا، زخرف، دوخان، جاسیە، ئەحقاف، قافو قەلەم، وتراوە ئەم سورەتانە کە بەم پیتانە دەست پێدەکەن هەمویان مەکین جگەلە سورەتی بەقەرەو ئالی عیمران کە ئەمە یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە سورەتە مەکیو مەدەنیەکان پێ لەیەکتر جیا دەکرێنەوە.

مەکیو مەدنی سورەتەکان:

ماوەی هاتنە خوارەوەی قورئان بیستو سێ ساڵ بوە کە بەهۆی کۆچی پێغەمبەرەوەﷺ بۆ مەدینەو دامەزراندنی حکومەتەوە سورەتەکانی قورئان بە مەکەییو مەدینەیی ناوبراون جا ئەوەی کە بەر لە کۆچی پێغەمبەرﷺ دابەزیوە بە مەکەیی دەناسرێتو ئەوەش کەپاش کۆچی دابەزیوە بەمەدینەیی دەناسرێت ئیتر لەهەرکوێدا دابەزیبن.واتە ئەوەی کە رەچاو دەکرێت کاتە نە شوێنی دابەزینەکە، ئەو سورەتانەی کە مەکین کە زۆرتر باس لە بنەماکانی ئیسلام دەکەن شێوازەکانیان زۆر بتەوو توندە چونکە رولە بێ باوەڕانی مەکە دەکات کە دژایەتی قورئانو پێغەمبەریان دەکرد زۆربەی ئەم سورەتانە ئایەتەکانیان کورتە بەڵام سورەتە مەدەنییەکان کە زۆرتر باس لە ئەحکامەکان دەکەنو بەرامبەرەکەی باوەڕدارانن شێوازێکی ئارامو هێواشیان هەیەو ئایەتەکانیان درێژە، بۆ ناسینەوەی ئەم دووبەشە لە یەکتری زانایان چەند شتێکیان داناوە، لەوانە هەرسورەتێك وشەی "كَلَّا" ی تێدابێت ئەوە مەکییە ئەم وشەیە سیو سێ جار لە پانزە سورەتی قورئاندا هاتوە ، وەیان هەرسورەتێك کە سوجدەی

تێدایە ویان هەرسورەتێکی ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴾ تێدا بێت بەو مەرجەی ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾ ی تێدا نەبێت ئەوە مەکیە بەڵام سورەتی حەج کەهەم ئەم هەردوو وشەو هەم سوجدەی تێدایە زانایان لەسەر مەکەیی بون یان مەدینەیی بونی یەکدەنگ نین. وەبێجگە لە سورەتی بەقەرە هەرسورەتێك باسی ئادەمو ئیبلیس یان باسی گەلانی پێشوی تێدا هاتوە یان هەر سورەتێك بە پیتە جیاجیاکان دەستی پێکردبێت جگە لە بەقەرەو ئالی عیمران ئەوە مەکیە وە هەر سورەتێك کە فەرز یان حەدێکی تێدا پێویست کراوە ئەو سورەتە مەدەنییە وەجگە لە سورەتی عەنکەبوت هەرسورەتێك کەباسی مونافقەکانی تێدا هاتوە یان هەر سورەتێك کە بە ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾ دەست پێدەکات ئەوە مەدینەییە.

هەندێ لە زانایان وتویانەهەندێ سورەت دووجار دابەزیوە جارێك لەمەدینەو جارێکیش لەمەکە و هەندێکیش وتویانە لەسورەتە مەکەییەکان چەند ئایەت لەمەدینەدا دابەزیوە وەك لە سورەتی حەج وجگە لەویشدا هاتوە.

ناسینی مەکی و مەدەنی سورەتەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ تێگەیشتنی ئایەتەکانو ناسینی ناسخو مەنسوخی قورئان.سورەتە مەکیەکان هەشتاودوو سورەتن کە ئەمانەن: الأنعام، الأعراف، يونس، هود، يوسف، إبراهيم ، الحجر، النحل، الإسراء، الكهف، مريم،طه، الأنبياء، الحج، المؤمنون، الفرقان، الشعراء، النمل، القصص، العنكبوت، الروم،لقمان، السجدة، سبأ، فاطر، يس، الصافات، ص، الزمر ، غافر، فصلت، الشورى، الزخرف،الدخان، الجاثية، الأحقاف، ق، الذاريات، الطور، النجم، القمر، الواقعة، الملك،القلم، الحاقة، المعارج، نوح، الجن، المزمل، المدثر، القيامة، الإنسان، المرسلات،النبأ، النازعات، عبس، التكوير، الانفطار، الانشقاق، البروج، الطارق، الأعلى،الغاشية، الفجر، البلد، الشمس، الليل، الضحى، الانشراح، التين، العلق، العاديات،القارعة، التكاثر، العصر، الهمزة، الفيل، قريش، الماعون، الكوثر، الكافرون، والمسد.

سورەتە مەدەنیەکانیش بیست سورەتن کەئەمانەن: البقرة، آل عمران، النساء، المائدة، الأنفال، التوبة، النور، الأحزاب، محمد، الفتح، الحجرات،الحديد، المجادلة، الحشر، الممتحنة، الجمعة، المنافقون، الطلاق، التحريم،والنصر

وە ئەوە سورەتانەش کە لە سەر مەکی یان مەدەنی بونیان ناکۆکی هەیە دوانزە سورەتن کە ئەم سورەتانەن: الفاتحة، الرعد، الرحمن، الصف، التغابن، المطففين، القدر، البينة، الزلزلة،الإخلاص، الفلق، والناس

ناسخ ومەنسوخ:

قورئان لەسەردەمێکدا دابەزی کە خەڵك لەوپەڕی سەرلێشێواویو بێ ئاگاییدا بونو هیچیان لەبارەی ئیسلامەوە نەدەزانی و هەمو ڕەوشتێکی نارەوا لەناو کۆمەڵگادا وەك گیا کەڵە بنجی داکوتابوو کەدژایەتی کردنی زۆر دژواربوو، جاخوای داناوزانا پێغەمبەری ڕەوانەکرد بۆ ریشە کێش کردنی ئەو هەمو ڕەوشتە نالەباروپیسانەودانانی ڕەوشتی جوان لەجێگایاندا جا چونکە هەندێ لەو ڕەوشتانە ئەوەندە پیسو نابەجێ بون نەدەکرا هیچ جۆرە چاو پۆشییەکیان لێ بکرێت بەڵکو ئیسلام بەبێ چاوپۆشی لێ کردن ڕاستەوخۆ لەدژیان وەستاو هەمو کونو کەلەبەرێکی لێ داخستن وەك بت پەرستی و داوێن پیسی ودرۆو دزی کە دەقەکان یەکسەر دابەزینە سەریان و هیچ ماوەیەکیان پێ نەدان، جا دەقەکان هەرچۆن دابەزین هەربەوشێوەیەش مانەوە، بەڵام هەندێکی تر لەو ڕەوشتە ناپەسەندانە زۆرجێگای خۆیان گردبویەوە لەدڵو دەرونی زۆربەی خەڵکداو پەلاماردانی یەکسەرەیی زیانی لەسودی زۆرتر دەبو بۆ کۆمەڵگا لەبەر ئەوە ئیسلام قۆناخ بەقۆناخ هەوڵی لەناوبردنی داوەو دەقی سەردەمی کۆنی جیاوازە لەگەل دەقی قۆناخی پاش خۆی، جا لێرەدا زۆربەی زانایان پێیان وایە کە دەقی قۆناخی پاشی ناسیخ و هەڵوەشێنەرەوەی قۆناخی پێش خۆیەتی.

وشەی "النسخ" واتە لەناوبردن یان گۆڕانکاری یان سڕینەوە کە مەبەست پێی {رَفعُ حُكمٍ شرعيٍّ سابقٍ بدليلٍ شرعيٍّ لاحقٍ} واتە: لابردنی بڕیارێکی شەرعی پێشو بەهۆی بڕیارێکی شەرعی کە دواتردابەزیوە، بەو لابردنو هەڵوەشاندنەوە دەڵێن نەسخو بەو حوکمەی کە لابراوە

دەڵێن مەنسوخو ئەوبەڵگەیش کە لایبردوە پێیدەوترێت ناسخ، جا پێویستە ئەوەش بزانین کە:

الف: لە بیرو باوەڕوهەواڵوداستانەکان دا هیچ جۆرە نەسخێك نیە بەڵکو نەسخ تەنها لەکردارە فەرعیەکاندایە.

ب: نەسخ لەبڕیارێکدا دەبێت کە دەقەکان لەدژی یەك بوەستن وهیچ ڕێگایەکیش نەبێت بۆ یەکخستنیانو دەقە هەڵوەشێنەرەوەکە پاش دەقە هەڵوەشێنراوەکە دابەزی بێت واتە دەبێ مێژوی هاتنی دەقەکان زانراوبێتو هیچ ڕێگایەکیش نەبێت بۆیەکخستنیان ئینجا رودەکرێتە نەسخ.من پێم وایە نەسخ بەوشێوە فرەوانەی کە هەندێك وتویانە زۆرە لەجێگای خۆیدا نیەو ئینکاری کردنیشیم پێ بێ جێیە، پێویستە ئەوەش رەچاو بکرێت کە هەندێ لە زانایان وشەی نەسخیان بۆ " التخصيص"وە یان بۆ " الاستثناء"ش بەکارهێناوە.

لێرەدا نمونەیك لەسەر نەسخ باس دەکەین، بۆنمونە: عارەق خواردنەوە کە لەو سەردەمەدا وەك ساردی ئەمڕۆ بەکار دەهێنرا ئەوە بوئیسلام لەبەر زیانەکانی لەموسڵمانانی قەدەغە کرد بەڵام بە چەند قۆناغێك، هەروەك چۆن بەندایەتیەکانی بەهێواشیو قۆناخ بەقۆناخ لەسەر موسڵمانان پێویست کرد تا ئەو جیلە ڕێكو پێکە دروستبو کە الله کردنی بە مامۆستاوری پیشاندەروسەرپەرشتی خەڵکی خوای گەورە کەبڕیاری لەسەرقەدەغەکردنی عارەق بو سەرەتا مادەی سڕکەری لەرۆزی جوان جیا کردەوە وەك دەفەرموێ: ﴿ وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلْأَعْنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ /النحل: ٦٧ / وەلە بەروبومی خورماو تریّ کان ئێوە ماددەی سەرخۆشی و رۆزییەکی شیرینو جوان وەردەگەرن ، بێگومان لە تەماشاکردنی ئەو هەمو نیعمەتە جۆراو جۆرانەدا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ ئەو گەلەی کە ژیری خۆی بخاتەکارەوەو چاك بیر بکاتەوە﴾ ئەمە یەکەم ئایەت بوو کە هاتە خوارەوەو خراپی مادەی سەرخۆشکەری لێ وەرنەگیرا ،چونکە خوا جیای کردوەتەوە لە رۆزی جوان، جا ئەوانەی ئەمەیان وەرگرت هەندێکێان وازیان لە خواردنەوەی شەراب هێناو هەندێکی تری داوای لە خواکرد کە جوانتر بۆیان رۆشن بکاتەوە کەبەمە دوودڵی دروستکرد لەلای ئەو باوەڕدارانەش کە هێشتا هەردەیانخواردەوە، ئینجا تێیگەیاندن کەتاوانی زۆرترە لەسودی فەرموێ: ﴿پرسیارت لێ دەکەن لە بارەی ئارەق و قومارەوە بڵێ: لەم دوانەدا گوناهێکی گەورە هەیەو سوودیشی هەیە بۆ خەڵك بەڵام گوناهەکەیان گەورەترە لە سوودەکەیان﴾

بەمەش هەندێ لە موسڵمانان وازیان هینا بەڵام پاش ماوەیەکیتر ئایەت دابەزی کە ﴿ نزیکی نوێژ نەکەونەوە کاتێ کە سەرخۆشن﴾ ئاشکرایە نوێژ واجبەو ناتوانن وازی لێ بهێنن دەی ئیتر کاتیان کەم بویە ، وە ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە هەندێکیان بۆ هەمیشە وازی لێ بهێنن ئەوانیتریش رابێن لە سەر بەرگریکردنی خۆیان لە خواردنەوی عارەق ، ئینجا لە ساڵی شەشەمی کوچیدا واتە پاش نۆزدە ساڵ لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان ئەم ئایەتە دابەزی کە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ /المائدة: ٩٠/ ئەی باوەڕداران ئارەقو قومارو بت پەرستیوئەنجامدانی کاربەهۆی ئەو بۆچونە تایبەتیەوە بەهەڵدانی تیرەکان پیسییەکن لە کاروکردارە پیسەکانی شەیتان سا وازی لێ بهێنن بەڵکورزگار ببن﴾

جا بەم شێوەیە بەچەند قۆناغ پەوەردگار عارەقو قوماری لەسەر حرام کردن ئەمەش حیکمەتولوتفو بەزەیی ئەو زاتە میهرەبانە پیشان دەدات، وە هەندێك لە زانایان وتویانە کە یەکەم شت کە نەسخی بە سەردا هاتوە رو کردن بەرەوە "بيت المقدس" بوە کە لە ئایەتەکانی سورەتی بەقەرەدا باسی لێکراوە.

المحكم والمتشابه :

محكم واتە: بتەووڕێكوپێكوبێگەردو چەسپاو بەیەکەوە، کە ئەم قورئانە هەموی وایە وەك دەفەرموێ: ﴿ الٓر ۚ كِتَٰبٌ أُحْكِمَتْ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ /هود: ١ / الف لام. را ئەم قورئانە پەڕاوێکە مەحکەم کراوە ئایەتەکانیو ڕێك وپێکنوبە شێوەیەکی چاك و رەوان بێژراوو داڕێژراون

لەپاشان درێژەی پێدراوەو ڕۆشن کراوەتەوە لەلایەن کەسێکەوە کە کار بە جێ و زۆر بەئاگاو لێ زانە ﴾

موتشابە: واتە: لەیەکچو کە دیسان ئەم قورئانە هەموی وایەو لەیەك دەچێت وەك دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا مَّثَانِيَ تَقۡشَعِرُّ مِنۡهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمۡ وَقُلُوبُهُمۡ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٍ /زمر:٢٣/ زاتی (الله) جوانترین قسەی ناردوە کە پەڕاوێکەو سورەتەکانی لەیەك دەچن‌و دووبارەکراوەیەو بە خوێندنەوەی پێستی لەشی ئەو کەسانەی کە لە پەروەردگاریان دەترسن موچرکەی پێدادێت اشان پێستیان و دڵیان نەرم ئەبێت بۆیادی (الله) ئەمەیە ڕێنمای (الله) بۆ هەرکەسێك کە ئارەزۆی لێ بێت ڕێنمایی دەکات‌و هەرکەسێکیش کە (الله) ریگای لێ ون بکات، ئیتر هیچ کەسێکی تری نیە کە ڕینمایی بکات ﴾.

قورئان بەشێکی فرمانەکانی ئاشکرایەو ماناکەی دەفامرێت کە بە (محکم) نادەبرێت کە پەیڕەوی کردنی ئەرکی سەرشانی باوەڕدارانەو لێکۆڵینەوەو وردبونەوە لێی ئیشێکی پەسەندەو ڕەوایە بەڵام بەشێکی تری ماناو مەبەستی نازانرێت‌و پێویستە زانینەکەی حەواڵەی الله بکرێت و هەر ئەوەندەش لەسەر باوەڕداران پێویستە کە پێی دەوترێت (متشابە) کەمەبەستی ئەم ئایەتەش ئەوەیە کە دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ /آل عمران:٧/ خوا ئەو زاتەیە کەئەم کتێبەی بۆ تۆ ڕەوانە کردوە ئەی محمد ﷺ کە لەو کتێبە دا چەندەها ئایەتی موحکم هەیە کە حوکمیان دەزانرێت‌و ئیشیان پێ دەکرێت‌و ماناکەیان زۆر ڕۆشن و ئاشکرایە کەئەوانە ئەسڵی کتێبەکەن‌و ئەو کتێبە بۆ ئەو مەبەستە ڕەوانە کراوە، وە هەندێکی تری ئاڵۆزەو لەیەك دەچن‌و چەندین مانا هەڵدەگرێت. جائەوانەی کە نەخۆشی لە ناو دڵیان دایە دوای ئەوانە دەکەون کە مانایان ڕۆشن نیە، ئەوسا نەك بۆ ئەوەی ڕاستی بزانن بەڵکو بە مەبەستی ئاشۆب دروستکردن و بە مەبەستی مانای نارێك وە مافیان نەبو کەئەو ڕێگا هەڵەیە بگرنە بەر ، چونکە کەس مانای ئەو موتەشابیهانە نازانێت بێجگە لە خوای گەورە خۆی، وە ئەوانەی کەوا زۆر چونەتە خوارەوە لە عیلما و شارەزاییان لە تەوحید و یەکتا پەرەستی دا زۆرە دەڵێن: ئێمە ئیمانمان بەو ئایەتانە هەیە و لە لایەن خوای خۆمانەوە هاتووە و بێگومانیش سودێکی زۆری تێدایە بەڵام ئێمە دەرکی پێ ناکەین، جابیر ناکاتەوە لەم ڕاستیانە مەگەر ئەوانەی کە خاوەنی ژیرین . واتە تەنها خاوەن عەقڵەکان لەمە بیر دەکەنەوەو سودی لێ وەردەگرن ﴾ لەهەمان سورەتدا ئەم سێ بەشە باسکراون. واتە بە کورتی قورئان هەموی محکمەو هەموی متشابەوهەندێکی محکمەو بەشێکی متشابە بەو مانایانە کە باسمان کرد.

سەرەتاو کۆتایی قورئان:

یەکەم شت کە لە قورئان دابەزیوە سەرەتای سورەتی عەلەقە، کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ گەیشتە تەمەنی چل ساڵی شەوێك لە ئەشکەوتی حەرا فریشتەیەك هاتەلای و وتی: بخوێنە،پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: منیش وتم : من خوێندەوار نیم، ئینجا فەرموی: گرتمی‌و وشاردمی بەخۆیەوە هەتا زۆر نارەحەت بوم، لەپاشان بەرەڵای کردمو وتی: بخوێنە، وتم: من خوێندەوار نیم .هەم گوشیمی بەخۆیەوەو ئێشم پێ گەیشت لەپاشان بەرەڵای کردم وتی: بخوێنە منیش وتم: خوێندەوار نیم جا جاری سێهەم گوشیمی بەخۆیەوە تا زۆر نارەحەت بوم لەپاشان بەرەڵای کردمو وتی: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ﴾هەتا گەیشتە ﴿عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ﴾. بەڵام سەبارت بە ئاخرین ئایەت یان سورەت کە دابەزیوە فەرمودەیەکمان لە خودی پێغەمبەرەوە ﷺ نییە بە لام هەندێ لە یارانی بە پێی ئیجتهادی خۆیان و ئاگاداریان لە ئاخرین ئایەت یان سورەتێك کە بیستویانە لە پێغەمبەر ﷺ لەوبارەوە

قسەیان کردوە بەرائی کوڕی عازب دەڵێت:{آخِرُ سُورَةٍ نَزَلَتْ بَرَاءَةَ وآخِرُآيَةٍ نَزَلَتْ يَسْتَفْتُونَكَ قُلْ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ/متفق عليه/ دواترین سورەت کەدابەزیوە بەرائەتەو دواترین ئایەت کەدابەزیوە ئایەتی کەلالەیە} وە ئیبنو عەباس دەڵێت:{آخِرُ آيَةٍ نَزَلَتْ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ آيَةُ الرِّبَا /البخاري/ دواترین ئایەت کە دابەزیوەتە سەر پێغەمبەرﷺ ئایەتی ڕیبایە) مەبەست بە ئایەتی ڕیبا ئایەتانی ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٧٨﴾ ﴾ و ئایەتی﴿ وَٱتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٨١﴾ ﴾ کە هەر دوو لە سورەتی بەقەرەدایە جا هەر بۆیە لە ئیبنوعەباسەوە هاتوە کە ئایەتی ﴿ وَٱتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ﴾بەئاخرین ئایەتی ناوبردوە(أخرجه النسائي)وە لە ڕوایەتەکەی ئیمامی مسلم دا هاتوە کە پرسیارکرا لە ئیبنو عەباس: أَتَدْرِي آخِرَسُورَةٍ نَزَلَتْ مِنْ الْقُرْآنِ نَزَلَتْ جَمِيعًا قُلْتُ: نَعَمْ إِذَا جَاءَ نَصْرُاللَّهِ وَالْفَتْحُ/ ئایادەزانی کام سورەت دواترین سورەتەکە هەموی پێکەوەدابەزی بێت؟ وتم:بەڵێ﴿إِذَاجَاءَنَصْرُاللَّهِ وَالْفَتْحُ ﴾

بەڵێ بەکۆچی دوای پێغەمبەرﷺدابەزینی وەحیو دانانی یاساو تەشریع کۆتای پێهات چونکە پەروەردگار دوایین پێغەمبەری ﷺ خۆی نەبردەوە تا ئەو ئاینەی کە خۆی ڕازیە بۆ بەندەکانی تەواوی کردو هیچ کەم کوڕییەکی تێدا نەهێڵا هەروەك دەفەرموێ:﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًاۚ /المائدة: ٣ ﴾ بەڵام لەم بارەوەش لەدوای کۆچی پێغەمبەرﷺ کەسانێك هاتن کە ئیدعای پێغەمبەرایەتیو دابەزینی وەحیان دەکرد کە یەکێك لەوانە موسەیلەمە بو کە موسڵمانان لە سەردەمی ئیمامی ئەبوبەرکردا لەناویان برد. پاشان کەسانێکی تر هاتن کە باوەڕیان وابووکە لەدوای پێغەمبەر دوانزە کەس کە لە بنەماڵەی پێغەمبەرنو پلەوپایەیان لە پێغەمبەران بەرزترە بە بەردەوامی وەحییان بۆ دادەبەزێ؟! کە ئەمانە بەشیعەی دوانزە ئیمامی دەناسرێن فەرمودە گەلێك دەدەنە پاڵی ئەم دوانزەکەسە ئینجا دەڵێن چونکە وەحیان بۆ هاتوە هەمو قسەکانیان بەلگەنو ئەوەی کە وتویانە حەڵاڵە حەڵاڵەو ئەوەی کەوتویانە حەرامە حەرامە، دواتر کەسانێکی تر وەك قادیانیەکان پەیدا بون کە باوەڕیان وایە کە میرزا غولام ئەحمەد پێغەمبەرێکە کە وەحی بۆ دابەزیوە ئەمانە باوەڕیان وایە پێغەمبەران دووبەشن: بەشێك کە یاساو تەشریعی تایبەتیان پێیەو پێویست کراوە کەرایگەنن بەشێکی تر تەنها ڕاگەیاندیان لەسەرەو خاوەنی یاساو ئاینێکی تایبەت نین، جا بەشی یەکەمیان بەهاتنی پێغەمبەری ئیسلام کۆتای پێهاتوەو کەس ناتوانێت شتێك حەڵاڵ یان حەرام بکات بەڵام بەشی دووهەم کۆتای پێنەهاتوەو میرزا غولام ئەحمەد یەکێك لەوانەیە، ئەم بۆچونە ئەگەرچی کوفرەو گومڕاهیە بەڵام هێشتا ناگاتە بۆچونی شیعە دوانزە ئیمامییەکان چونکە ئەوان نەپێیان وایە کە غولام ئەحمد لە پێغەمبەرانی پێشو بەرزترەو نە خاوەنی تەشریعو یاسایەکی تایبەتە بەڵام جیاوازی ئەوەی کە شیعەکان لەباتی وشەی پێغەمبەر وشەی ئیمام بەکاردەهێنن ئەگەرچی ئیمامیش لە لای ئەوان لە پێغەمبەرایەتی بەرزترە بەڵام قادیانیەکان وشەی "النَّبي" واتە: پێغەمبەر بۆ غولام ئەحمەد بەکار دەهێنن ، بەڵام باوەڕی ڕاستەقینە هەر ئەوەیە کە پێغەمبەرمان بۆمان باس دەکاتو دەفەرموێ:{وَإِنَّهُ سَيَكُونُ فِي أُمَّتِي كَذَّابُونَ ثَلَاثُونَ كُلُّهُمْ يَزْعُمُ أَنَّهُ نَبِيٌّ وَأَنَاخَاتَمُ النَّبِيِّينَ لَانَبِيَّ بَعْدِي/ ابوداود، صححه الألباني/ بێگومان بەم زوانە لەناوئومەتی مندا سی درۆزن پەیدا دەبن کەهەمویان واگومان دەکەن کە پێغەمبەرن لەحاڵێکدا کەمن دواترینی پێغەمبەرانمو هیچ پێغەمبەرێکیش لەپاش من نیە}.

کێشمەکێش لەقورئان دا

پێغەمبەرمان دەفەرموێ:{الْمِرَاءُ فِي الْقُرْآنِ كُفْرٌ / أحمد، أبوداود، صححه الألباني/ دەمبازیو کێشمەکێش کردن لەبارەی قورئانەوە کوفرە} چونکە دەمبازی لەبارەی قورئانو بەگژی یەکدانی ئایەتەکانی بەلگەن لەسەر ڕێز نەگرتنی

قورئان جا ئەوەیش کە ریز لە قورئان نەگریت ئەوە کافرە.کەواتە لەسەر باوەڕدار پێویستە کەبەم فەرمودەی پێغەمبەرﷺ کاربکات کە دەفەرموێ: {اقْرَءُوا الْقُرْآنَ مَاائْتَلَفَتْ قُلُوبُكُمْ فَإِذَا اخْتَلَفْتُمْ فَقُومُوا عَنْهُ/ متفق عليه/ هەتا ئەوکاتەی کەدڵە کانتان بەیەکەوە گرێ دەخۆن قورئان بخوێنن ئەوسا هەرکاتێ نارێك بون هەستن‌و وازی لێ بهێنن}

بەراستی ئەم فەرمودە بەرێزە چەند ئەصڵ‌و بناغەیەکی گەورەمان پێشاندەدات، یەکەم: خوێندنەوی قورئان‌و لێکوڵنەوەی دەبێت هۆکارێك بێت بۆ نزیك بونەوەی دڵی باوەڕدان لەیەکتری. دووهەم: هەر قسە یان کۆڕێك کە ناکۆکی لە نێوان باوەڕداراندا دروست بکات پێویستە وازی لێ بهێنرێت با زۆر گرنگیش بێت چونکە لە مەجلیسی خوێندنەوەی قورئان پیروزترنیە! عەبدوڵای کوڕی عەمر دەڵێت: چەند کەسێك لە پێش دەرگای پێغەمبەرﷺ دانیشتبون‌و لەسەر قەزاو قەدەر بو بە دەمەقاڵەیان جا هەندێکیان وتیان: مەگەر ئەو ئایەتە ئاواو ئاوا نالێت، هەندێکتریشان وتیان: ئەی مەگەر ئەو ئایەتە ئاوا نالێت، واتە: هەرکام ئایەتانێکیان دەکرد بە بەڵگە بۆ راستی بۆچونەکەیان جا پێغەمبەرﷺکە ئەمەی بیست هاتەدەرەوەو سور بویەوە وەك ئەوەی کە دانەی هەنار بە روخساریدا هەڵتەقیبێت، جا فەرموی: {بِهَذَا أُمِرْتُمْ أَوْبِهَذَا بُعِثْتُمْ أَنْ تَضْرِبُواكِتَابَ اللَّهِ بَعْضَهُ بِبَعْضٍ إِنَّمَاضَلَّتْ الْأُمَمُ قَبْلَكُمْ فِي مِثْلِ هَذَاإِنَّكُمْ لَسْتُمْ مِمَّاهَاهُنَافِي شَيْءٍانْظُرُوا الَّذِي أُمِرْتُمْ بِهِ فَاعْمَلُوابِهِ وَالَّذِينُ هِي تُمْعَنْهُ فَانْتَهُوا /أحمد، حسنه الألباني/ بەمەفەرمانتان پێدراوە یان بەمە رەوانەکراون کە پەیامەکەی خوا هەندێکی بکەن بەگژی هەندێکدا؟! گەلانی پێش ئێوە هەر لەسەر شتی وا گومڕابوون، ئێوە ئالەمبارەوە هیچتان پێ نەسپێر راوە، تەماشابکەن ئەوەی کە فەرمانتان پێکراوە بیکەن‌و ئەوەی کە بەرگری لێ کراون وازی لێ بهێنن}

واتە قورئان بۆ عیلم‌و عەمەل دابەزیوە وەك لە ئیبنو مەسعود دەگەڕێنەوە کەدەیوت:{کنا نتعلمُ من رسول الله ﷺ العَشرَ فلا نُجَاوِزُهَا إِلى العَشْرِ الأُخَرِ حتى نعلمَ ما فيهَا مِنَ العلمِ والعملِ/زاد المسير في علم التفسير للإمام ابن الجوزي/ ئێمە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فێری دە ئایەت دەبوین و نەدەچوین بۆ دە ئایەتی تر هەتا هەمو زانیاری‌و کردارێکی ناو ئەو دە ئایەتە فێر دەبوین}.

جا ئەوەبوکە تام و چێژێکی گەورەیان لە قورئان دەکرد وەك لە عوسمانی کوڕی عەفانەوە دەگێڕنەوە کە دەیوت: {لو أن قلوبَنَا طَهُرَتْ ما شَبِعْنَا من كلامِ ربِّنا ، و إني لأكرهُ أن يأتيَ عليَّ يومٌ لا أنظرُ في المصحفِ/ ئەگەر دڵمان پاك بوایە تێر نەدەبوین لەفەرمودەی پەروەردگارمان، بێگومان پێم ناخۆشە کە رۆژێك بەسەرما تێ پەڕێت‌و تەماشای قورئان نەکەم}

لەبەرکردنی قورئان:

پێغەمبەرمان دەفەرموێ:{يُقَالُ لِصَاحِبِ الْقُرْآنِ اقْرَأْوَارْتَقِ وَرَتِّلْ كَمَاكُنْتَ تُرَتِّلُ فِي الدُّنْيَافَإِنَّ مَنْزِلَتَكَ عِنْدَآخِرِآيَةٍتَقْرَأُبِهَا/ ابوداود، صححه الألباني/ئەوەی کە قورئانی لە بەرکردوە پێی دەوترێت بخوینەرەوەو سەرکەوە، بیخوێنەوە وەك چۆن لەدنیادا دەتخوێندەوە ،جا بەراستی شوێن‌و مەقامی تۆ لای ئاخرین ئایەتێکە کە دەیخوێنیتەوە}. جا هەرچی زۆرتری لەبەربێت مەقامی بەرزترە بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت کە بەو مەرجەی ئەو لەبەرکردنەی قورئان هەرمەبەست خوداو پاداشتی دوارۆژبێت‌و بۆ ریاو مەبەستی دنیایی نەبێت ،چونکە پێغەمبەرمان دەفەرموێ:{أَكْثَرُ مُنَافِقِي أُمَّتِي قُرَّاؤُهَا / أحمد، صححه الألباني/ زۆرترینی مونافقی ئومەتم قورئان خوێنەکانیەتی }.

تێبینی: الف: ئەگەرچی ناومان ناوە(تەفسیری تەوحید) بەراستی من ئیدعای تەفسیری قورئان ناکەم، بەڵکو یەژم ئەمە گزوگاڵێکی منە لەژێر سێبەری قورئانداو هەڵمژینی بۆنێکی خۆشە لە فرمایشتەکانی پەروەردگاری میهرەبان‌و ئاواتێکی دەرونی منالیم بو پەروەردگارم لێی بە زیادبێ بۆی هێنامە دی، لەراستیدا هەرلە منالیم دا لەتەمەنی حەوت سالێدا حەزم لەقورئان‌وفام کردنی بو هەر لەسەر ئەوەش زللەیەکی باشم خواردوگریانێکی باشیشم کرد، بەڵام هەرچەند بەهەتیوی‌و کەم دەستی لەگەل دایکم‌و خوشکێکی لەخۆم بچوکتردا بەسەختی ژیانمان بەڕێ دەکرد و پاشان سەرهەڵدانی شۆڕشی کوردی‌و شەڕی

حکومەتی عێراقو هێرشی تەیارەو تۆپخانەو قەدەغەکانی گەڕان لە شاری هەڵبجەو دەیان گرفتو مەینەتی تر سوپاس بۆ الله توانیم خوێندنی مەدرەسەی دینیومەعهەدی ئیسلامیو خوێندنی حوجرەم لە ساڵی (هەزارونۆسەدو حەفتاودوی زاینی) تەواوبکەم، ئیتر پاش ئەوە ئەوەندە دەردەسەریو قولای قولوئاوارەیی ئەملا بۆ ئەولا هەتا نوسینی ئەم چەنددێڕە من نازانم بڵێم خەڵکی کوێم؟! إنالله وإنا إليه راجعون .

ب: لەپاش مانای هەموئایەتێکەوە نوختەیەکمان(.) داناوە بەڵام لەهەندێ ئایەتدا لەبەر پەیوەندی زۆر توندیان بەیەکەوە لەگەڵ ئایەتی پاش خۆی واوێکی هەڵەوگەڕاوی (،) بچوکمان داناوە.

لە کۆتاییدا سوپاسو رێزم هەیە بۆ تەواوی ئەوبراو خوشکانەی کە لە کۆکردنەوەو لەنوسینو ڕێکوپێك کردنی ئەم خزمەت بە(قورئانە) دا دەستیان بوە بەتایبەت برای زیادە خۆشەویستم کاك عبدالله کە هۆی سەرەکی ئەم دەرسانە بو، جا پاشانیش ئەرکی خستنە سەر کاغەزیشی گرت ئەستۆی خۆیەوەو زەحمەتێکی زۆری کێشا وبەچاکی ئیشی خۆی بردە سەر پەروەردگار پاداشتی خێری بداتەوە وخۆی ماڵومناڵی لە فیردەوسی ئەعلادا جێ بکاتەوە، دەسا ئەی پەروەردگارم هەمومان لەوێدا کۆ بکەرەوە، ئامین.

اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ ، سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ أَوْ
عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ، أَنْ تَجْعَلَ
الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي ، وَنُورَ صَدْرِي ، وَجِلاَءَ حُزْنِي ، وَذَهَابَ هَمِّي
واجْعَلِ الْقُرْآنَ حُجَّةً لِي وَ لا عَلَيَّ اللَّهُمَّ اجْعَل خير عُمري
آخِره وَخير عَمَلي خَواتِمه وخيرَ أيامي يَوم ألقاك فِيه
وصَلِّ اللَّهُمَّ وَسلِّم عَلى خاتَم الأنبياءِ محمد
وَعلى آلِهِ وصَحبِهِ ومن والاه..
آمين يا رب العالمين.

عبدالقادر تەوحیدی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١

ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢

ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤

إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥ ٱهۡدِنَا

ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ

عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ

وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧

١ سورەتی فاتیحە ٧

سورەتی فاتیحە کە یەکەم سورەتی قورئانەو حەوت ئایەتە، سورەتێکی مەکییەو وتراوە جارێکیش لە مدینەدا دابەزیوە واتە دووجار دابەزیوە، ئەم سورەتە زۆربەی ئەو ماناو باسانەی کە لە قورئاندا هاتوە لە خۆدا جێی کردوەتەوە وەك سوپاسو حەمدی پەروەردگارو بەیەکتاناسینیو باوەڕ بە دوارۆژو بەندایەتی کردن، جا بۆیە سورەتی" أم القرآن " واتە بناغەو ئەساسی قورئانیشی پێدەوترێت، وە هەروەها بە " الحمد، المثاني، الصلاة، الشفاء، الشافية" وە "الوافية" ناو براوە.

ئیبنوعەباس دەڵێت: لە کاتێکدا کە جبرەئیل لەلای پێغەمبەرداﷺ بوو لەلای سەرەوەی خۆی دەنگێکی بیست جا سەری بەرزکردەوەو جبرەیل فەرموی: {هَذَا مَلَكٌ نَزَلَ إِلَى الْأَرْضِ لَمْ يَنْزِلْ قَطُّ إِلَّا الْيَوْمَ فَسَلَّمَ وَقَالَ أَبْشِرْ بِنُورَيْنِ أُوتِيتَهُمَا لَمْ يُؤْتَهُمَا نَبِيٌّ قَبْلَكَ فَاتِحَةُ الْكِتَابِ وَخَوَاتِيمُ سُورَةِ الْبَقَرَةِ لَنْ تَقْرَأَ بِحَرْفٍ مِنْهُمَا إِلَّا أُعْطِيتَهُ /مسلم وغيره/ ئەمە فریشتەیەکە دابەزیوەتە سەر زەوی کە جگە لە ئەمڕۆ دانەبەزیوەو هاتوسەلامی کردو وتی: موژدەت پێ دەدەم بە دوو نور کە پێتدراوە کە بە هیچ پێغەمبەرێکی پێش تۆنەدراوە، سورەتی فاتیحەو ئایەتەکانی کۆتایی سورەتی بەقەرە، هەر حەرفێك لەوانە بخوێنیت خێری ئەوەت پێ دەدرێت} جا ئومێد دەکرێت کە ئەوە بۆ ئومەتەکەیشی بێت.

هەروەها ئەبو سەعید کوڕی موعەلا دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {أَلَا أُعَلِّمُكَ أَعْظَمَ سُورَةٍ فِي الْقُرْآنِ قَبْلَ أَن تَخْرُجَ مِنْ الْمَسْجِدِ فَأَخَذَ بِيَدِي فَلَمَّا أَرَدْنَا أَنْ نَخْرُجَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّكَ قُلْتَ لَأُعَلِّمَنَّكَ أَعْظَمَ سُورَةٍ مِنْ الْقُرْآنِ قَالَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ هِيَ السَّبْعُ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنُ الْعَظِيمُ الَّذِي أُوتِيتُهُ /متفق عليه/ ئایا گەورەترین سورەتی قورئانت فێر نەکەم پێش ئەوەی کە لە مزگەوت دەربچیت؟ جا دەستی گرتم ئینجا کاتێ ویستمان لەمزگەوت دەربچین وتم: ئەی پێغەمبەری خواﷺ تۆ فەرموت کە گەورەترین سورەتی قورئانت فێردەکەم فەرموی: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ کە حەوت ئایەتی دووبارە کراوەیەو ئەو قورئانە گەورەیەیە کە پێم دراوە} وە هەروەها دەفەرموێ: {لَا صَلَاةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ /متفق عليه/ نوێژ نیە بۆ ئەو کەسەی کەسورەتی فاتیحە نەخوێنێت} وە عوبادەی کوڕی سامت دەڵێت:{ كُنَّا خَلْفَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي صَلَاةِ الْفَجْرِ فَقَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَثَقُلَتْ عَلَيْهِ الْقِرَاءَةُ فَلَمَّا فَرَغَ قَالَ لَعَلَّكُمْ تَقْرَءُونَ خَلْفَ إِمَامِكُمْ قُلْنَا نَعَمْ هَذًّا يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ لَا تَفْعَلُوا إِلَّا بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ فَإِنَّهُ لَا صَلَاةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِهَا/الترمذي، ابوداود، البخاري في جزء القراءة/ ئێمە کاتی نوێژی بەیانی لە پشت پێغەمبەر ﷺدا بوین پێغەمبەرﷺ قورئانی خوێند جا خوێندنەکەی لە سەر گران بو کاتێك کە نوێژەکەی تەواو کرد فەرموی: وادیارە کە لە پشت ئیمامتانەوە ئێوەش قورئان دەخوێنن؛ وتمان: بەڵێ، بە پەلە ئەی پێغەمبەری خواﷺ، پێغەمبەرﷺ فەرموی: وامەکەن، مەگەر سورەتی فاتیحە چونکە بەراستی ئەوەی کە فاتیحە نەخوێنێت نوێژەکەی بەتاڵە. جا بۆیە "خەتابی" دەڵێت: (هَذَا الْحَدِيثُ صَرِيحٌ بِأَنَّ قِرَاءَةَ الْفَاتِحَةِ وَاجِبَةٌ عَلَى مَنْ خَلْف الْإِمَام سَوَاء جَهَرَ الْإِمَامُ بِالْقِرَاءَةِ أَوْ خَافَتَ بِهَا ، وَإِسْنَاده جَيِّد لَا طَعْن فِيهِ/ واتە ئەم فەرمودەیە بێ پێچو پەنا ئەوە دەگەیەنێ کە خوێدنی فاتیحە واجبە لە سەر ئەو کەسەش کە لە پشت ئیمامەوە نوێژ دەکات جا چی ئیمام دەنگ بەرز بکاتەوە یان نە. جا سەنەدی ئەم فەرمودەیەش چاکەو هیچ تانەیەکی لێ نەدراوە) وە ئەمەش مەزهەبی ئیمامی شافیعی، ئیسحاق، ئەوزاعی، لەیسی کوڕی سەعد، عوروەی کوڕی زوبەیر، سەعیدی کوڕی جوبەیر، حەسەنی بەسریومەکحولە.

ئیمامی بوخاریش دەڵێت: (قَالَ الْحَسَن وَسَعِيد بْن جُبَيْر وَمَيْمُون بْن مَهْرَان وَمَا لَا أُحْصِي مِنْ التَّابِعِينَ وَأَهْل الْعِلْم: إِنَّهُ يَقْرَأ خَلْف الْإِمَام وَإِنْ جَهَرَ/ واتە: حەسەنو سەعیدی کوڕی جوبەیرو مەیمونی کوڕی مەهران و هەروەها کومەڵێکی بێژمار لە تابعینو ئەهلی عیلم وتویانە: کە مەئموم لەپشت ئیمام دا فاتیحەدەخوێنێت ئەگەرچی ئیمامیش بە دەنگی بەرز بخوێنێت.

"شێخ ئەلبانی" لە کتێبی (صفه الصلاه) باس لە "نسخ" بونی خوێندنی سورەتی فاتیحە دەکات کە لەم فەرمودەدا فەرمانی پێدراوە کەوابو فەرمودەکە بە راست دادەنێتو لە

"مشكاة المصابيح" به "حسن" داى دەنێت. بەڵام پێی وایە "نسخ" بوەتەوە کە ئەمە رایەکی لاوازە چونکە وتراوە: (لا نسخ مع امكان الجمع. ولا يتم النسخ إلا بمعرفة التاريخ. والمثبت مقدم على النافي و... وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: {إِذَا قَرَأْتُمُ الْحَمْدُلِلَّه فَاقْرَءُوا ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ إِنَّها أمُّ القُرآنِ وأمُّ الكِتابِ والسَّبعُ الْمَثاني بِسمِ الله الرَّحمنِ الرَّحيم إِحْدى آياتِهَا/البيهقي، صححه الالباني/ هەرکاتێ سورەتی فاتیحەتان خوێند ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بخوێنن کە بەراستی ئەو سورەتە ئەساسی ئەم قورئانەو بناغەی ئەم کتێبەیەو حەوت ئایەتێکی دووبارە کراوەیە، وە ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ئایەتێکە لەو سورەتە.

(١) بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان.

ئەمە ئایەتێکی قورئانەو لە سەرەتای ئەم سورەتەوە نوسراوە، هەندێك لە زانایان پێیان وایە ئایەتێکە لە سەرەتای هەمو سوورەتەکاندا، چونکە ئیبنو عەباس دەڵێ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ لَا يَعْرِفُ فَصْلَ السُورَةِ حَتَّى تَنَزَّلَ عَلَيْهِ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ./ابوداود، صححه الألباني/ واتە پێغەمبەر ﷺ بە جیاکردنەوەی سورەتێك لە سورەتێکی دیکە نەدەزانی هەتا ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ی بۆ دەهاتەخوارەوە. جا خۆ ئەگەر لە هەمو شوێنێکیش ئایەت نەبێت بێگومان لە سوورەتی (نەمل) دا بەشی ئایەتێکە. وە بە فەرمودەیش سابت بوە کە بەشێکە لە سورەتی فاتیحەو کەوسەر چونکە ئەنەسی کوری مالیك بۆمان دەگێرێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: {أُنْزِلَتْ عَلَيَّ آنِفًا سُورَةٌ فَقَرَأَ ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ١ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ٢ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ ٣﴾ /مسلم وغيره/ ئێستا سورەتێکم بۆ دابەزی جا خوێندیەوە: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ١﴾... تاکۆتایی سورەتەکە}

ئەمرۆ بەهۆی پێشکەوتنی زانیاری‌و کەرەستەکانیەوە دەرکەوتوە کە ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ یەکێکە لە موعجیزە گەورەکانی قورئان، چونکە پێك هاتوە لە نۆزدە پیت کە هەمو پیتە تاکەکانی (الحروف المقطعة) سەرەتای ئەو سورەتانەی کەتێیدا هاتون بەبێ ماوە بەسەریدا دابەش دەبن، هەروەها ژمارەی سورەتەکانی قورئان کە سەدوچواردەیە بەبێ ماوە بەسەریدا دابەش دەبێت‌و هاتنی خۆیشی بەسەر نۆزدەدا بە بێماوە دابەش دەبێت. ژمارەی نۆزدەش لەسورەتی مودەسیردا هاتوە، جا بێجگە لە ﷲ کێ دەتوانێ کاری ئاوەها بکات بەبێ ئەوەی کە ئاڵۆزییەك لە مانای دا هەبێت، بەڵکو قورئان لە رێکوپێکی‌و رەوان بێژیدا لە ئاستێکدایە کەتەواوی رەوان بێژانی سەرسام کردوە.

وتراوە پیتی (با) لە ﴿بِسۡمِ﴾ بۆ یارمەتیە، واتە ئەم عیبادەتەی کە دەیکەم یان ئەم قورئانەی کە دەیخوێنم تەنها بە ناوو یارمەتی خواوە ئەنجامی دەدەم/ نەك بە یارمەتی وەرگرتن لە کەسی دیکەو کەسیش ناکەم بە شەریکی ئەو زاتە، چونکە هەر کەسێ بکەم بە هاوبەشی ﷲ ئەوە زیانم بەخۆم گەیاندوەو پاشە رۆژیش دەستم خاڵی دەبێ. کەواتە باوەڕدار تەنها بەناوی ئەو زاتەوەو تەنها لەویش دەست بە دوعاو پاڕانەوە دەکات، کام ناو؟ بەناوی ﷲ وە کە ئەم ناوە تایبەتە بەو زاتە چونکە کۆکەرەوەی هەمو سیفەتێکی جوان‌و تەواوو کەماڵە کە ئەمەش بێجگە لە پەروەردگار لەهیچ کەسێکدا نایەتە دی هەروەها وشەی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ﴾ تایبەت بە پەروەردگاری جیهانە وەك وشەی (ﷲ) چونکە تەنها ئەو زاتەیە کە سۆزو میهرەبانیەکەی هەمو بونەوەری گرتوەتەوە جا ناو بردنی هەندێ کەس بەناوی رەحمانـەوە هەڵەیە، دەبێ ناوێکی تری بۆ دابنرێت وەك (عبدالرحمن) بەڵام باقی ناوەکانی تری پەروەردگار دروستە بۆ کەسێك بەکار ببرێت بەڵام ئەوانیش ئەگەر لەپاش وشەی (عبد)ەوە بێت ئەوە باشترە، بەڵام ناوی (ﷲ) و رەحمان تایبەتی پەروەردگارن. بەراستی مرۆڤ بەبێ ناسینی پەروەردگاری خۆی رێ لێ گومبوو سەرگەردانە، وە بەناسینی ئەو زاتەش دووبارە سەرگەردانە لە حەقیقەتەکەی‌و ناتوانێت تەشبیهی بکات، نازانێ بڵێ چۆنە، تەنها باوەڕی بەوە هەیە کە زاتێکی زاناو کاربەجێ‌و توانای وایە کە پەروەردگارو بەدیهێنەری هەمو بونەوەرەو هەمو ئاڵو گۆڕێکی ئەم بونەوەرەش تەنها

بەدەست ئەوەو تەنها ئەویشە کە شایانی ئەوەیە کە بەندایەتی بۆ بکرێت، زاتێك کە وێنەی نییە نە لە زاتیداو نە لە سیفاتیداو نەلە کرداری دا لەبەر ئەوە مرۆڤ ناتوانێت بەشێوە دەرکی بکات، بەڵکو شاکارەکانی لەم بونەوەرەدا بەڵگەگەلێکی رۆشنن لەسەر زانایی‌و دانایی‌و دەسەڵات‌وهێزی ئەو زاتە کە بە یادی ئەو دڵەکان ئارام دەگرن، جا جێی خۆیەتی کە سوپاسی بکەین‌و خۆشمان بوێت تاکو باوەڕێکی راستەقینە لە دڵماندا سەقامگیر بێت‌و شیرینی ئەو ئیمانەش هەست پێبکەین، هەروەك لە فەرمودەیەکی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتوە کە فەرمویەتی: {ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلاوَةَ الْإِيمَانِ أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا /البخاری/ سێ شت هەیە کە هەرکەسێك تێیدا بێت تامی شیرینی ئیمان دەکات: یەکێکیان ئەوەیە کە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ لە هەمو کەس خۆشەویستربن لە لای} چونکە پەروەردگار سەرچاوەی بون‌و ژیانمانە جا کەسێك سپڵەو بێنمەك نەبێت چۆن دەبێت کە ئەو زاتەی خۆش نەوێ؟ ئاشکرایە کەتاکە رێگایەك لەم سەردەمەدا کەئەو زاتە بە رێك‌وپێکی بەمرۆڤ بناسێنێت رێگای دواترین پێغەمبەری خوایە کە محمدی کوڕی عەبدوڵای قورەیشی عەرەبیە ﷺ کەلەشاری مەکە ساڵی فیل لەدایك بوەو لە چل ساڵیدا بوە بە پێغەمبەرو پاش سیانزە ساڵ کۆچی کردوە بۆ مەدینەو پاش دە ساڵ لە شاری مەدینەدا لە پاش بیست‌و سێ ساڵ خەباتی بێ وچان بۆ رزگاری مرۆڤ لە بەندایەتی بەندە بۆ بەندایەتی پەروەردگاری جیهان وەفاتی کردوەو تەرمە پیرۆزەکەی لەگەل هەر دوو هاوەڵە گیان فیداو دڵسۆزەکەیدا (ابوبکرو عمر) لە ماڵی دایکی باوەڕدارانداا خاتون عائیشەی خێزانی پێغەمبەر دفن کراون، لێژنە لافاوی رەحمەتی خوا برژێ بەسەر گیانی پیرۆزی خۆی‌و هەردوو هاوەڵە راست‌و گیان فیداکەی وتەواوی کەس‌و کارو یارو پەیرەوانیدا، جا لەبەر ئەو خزمەتە بەنرخە، پێویستە کە ئەو پێغەمبەرەشمان ﷺ خۆش بوێت، کە ئەوە مەرجی راستی ئیمانە وەك دەفەرموێ: {فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ . وفي روايةٍ . وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ /البخاري/ جا سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە هیچکام لە ئێوە ئیمانی نیە هەتا من خۆشەویستر نەبم لەلای لە باوك‌و منداڵی . لەریوایەتێکی تری دا هاتوە . وەلە هەموخەڵك}

کەواتە مرۆڤ پێویستە بەو پەڕی خۆشەویستی‌و شەوق‌و زەوقەوە بەندایەتی تەنها بۆ پەروەردگاری جیهان بکات، بەڵێ ئەوکەسەی کە باوەڕی بە خوای گەورە هەیەو خۆی بە نیازمەندی ئەو دەزانێت‌و باوەڕی وایە کە ئەوەندە نیعمەتی ئەو زاتەی لایە کە ناتوانێ بیژمێرێت‌و هەمیشە خۆی بە قەرزاری ئەو دەزانێت وتراوە"موسڵمان نابێ دوورۆژی وەك یەك بێت"بەڵکو پێویستە مرۆڤ هەتا دەمرێت رۆژبە رۆژ هەوڵ بدات کە پەروەردگاری خۆی چاکتر بناسێت‌و بیرو باوەڕی خۆی بەهێز تر بکات. بەڵێ کەرۆژی قیامەت هات‌و شادبوین بەدیداری پەروەردگار ئینجا هەندێك حەقایق دەزانین، کەوابوو هەندێ لە مانای قورئان موتەشابیهەو راستیەکەی تێناگەین‌و نایزانین.

وەك خواخۆی دەفەرموێ، قورئان دوو بەشە بەشێکی رۆشنەو ماناکەی دەزانین وە بەشێکی موتەشابیهەو حەقیقەتی ماناکەی نازانین. جا ئەو بەشەی کە موتەشابیهە مەرج نیە سەدا سەد هەتا قیامەت نەزانرێت بەڵکو بەگوێرەی زەمان هەندێکمان بۆ رۆشن دەبێتەوە، واتە زەمان بۆمان مانا دەکات. بۆ نمونە: چۆنیەتی دروست بوونی باران کەلە پێشدا زانراوە کە باران لە هەور دەبارێت، بەڵام ئەوە بەم شێوەیە نەزانراوە کە ئەمرۆ زانست دەرکی کردوە، کەواتە بۆ ئەو کاتە موتەشابیهە، بەڵام ئێستا زانراوە. وەك لە سورەتی فوسیلەتدا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿بەبێگومان ئەوانەی کەوتیان: پەروەردگارمان ﷲ یە پاشان راست وەستاون لەسەر ئایین لە کاتی گیان دەرچونیاندا فریشتەکان دێنەلایان‌و پێیان دەڵێن: مەترسن لەوەی کە چاوەڕوانیتان دەکات‌و خەمی ئەوەش مەخۆن کە بەجێتان هێشتوە﴾ ئێمە ئێستا نازانین قسەی ئەو فریشتانە چۆنە تا کاتی سەرەمەرگ، ئەو کاتە دەزانین کە چۆن دێن‌و چۆن قسەدەکەن. ئێمە زیندو دەکرێینەوە بەڵام ئێستا نازانین کە چۆن زیندو دەکرێینەوە یان وەڵام دانەوو ژیان‌و خۆشی‌و ناخۆشیەکانی ناو قەبر چۆنە، ئەمانە هەموی موتەشابیهن تا ئەو کاتەی

که پێی دەگەین لەپاشان زیندو دەکرێینەوە بۆ حەشرو هەمو بە روتوو قووتی رودەکەینە ئەو دەشتو بیابانانەو لە جێگای دیاریدا کۆ دەبینەوە، چۆنێتی ئەو حەشرە نازانین، چونکە ئەو خەڵکە هەندێکی بوە بە خۆڵو هەندێکی چووەتە ناو سکی ماسی لەناو دەریاداو لەوێشدا تواوەتەوەو هەندێکی حەیواناتی تر خواردویەتی لە هەمان کاتدا باوەڕمان وایە کە هەمویان زیندو دەکرێنەوەو هەمو ئەندامەکانیان کۆدەکرێنەوە تەنانەت سەر ئەنگوشتەکانیشیان وەك خۆی لێدەکرێتەوەو هیچی لێ ون نابێت، جا لە وێوە تا سەر پردی سیراتو بەهەشتو میوەکانی هەموی موتەشابیهەو ئا لەو کاتەدا ماناکەی دەزانین، کە واتە ئێمە لێرە بەئاسانی لەوە حاڵی نابینو بەپێوەری ئەمڕۆی ئێمە ناپێورێت بەس تەنها ئەوە دەزانین کە حەقەو باوەڕمان پێی هەیەو حەقیقەتی چۆنێتی ئەو هەموو شتانە خوای گەورە هەر خۆی دەیزانێ. ئەگەر دەڵێی بۆچی ئێمە نایزانینو بۆچی موتەشابیهە؟ دەڵێین: خوا هیچ شتێکی بێ کەڵكو بێ سود دروست نەکردوەو هەر شتێك کە دروست بوە سودێکی هەیە چ ئێمە بەو سودە بزانین یان نەزانین لای کەم بۆ ئەوەیە کە بزانین خالقێك هەیەو حیسابێك هەیەو ئێمە بەو تاقی دەکاتەوەو بۆ تاقی کردنەوەش دروستیکردوین، بۆ نموونە: دروست بوونی شەیتان لەوانەیە بڵێین تەنها بۆ شەڕە، نەخێر ئەو پلە گەورانەی کە مرۆڤ دەستی دەکەوێ، ئەگەر شەیتان نەبوایە مرۆڤ وەك ئینسانێکی خاووخێچو بێ چارە دەکەوتو هیچی نەدەکرد، بەڵام بەبۆنەی بونی شەیتانەوە مرۆڤ ئەو هەموو پلە گەورە گەورە دەبڕێتو رۆژی قیامەت بەرز دەکرێتەوە، چوونکە ئەو لەدنیادا شەیتان دوژمنایەتی کردوەو ویستویەتی فریوی بدات بەڵام ئەو بە گوێی شەیتانی نەکردوە و نەفسی خۆیو شەیتانی بەزاندوە جا بەو پلە بەرزانە گەیشتوە، کەواتە بوونی شەیتان هەرشەڕی روت نیە بەڵکو مایەی خێرێکی گەورەیشە بۆمرۆڤە راستەکان، ئەگەر ئەو دوژمنە نەبوایە ئەو پلە گەورەو بەرزانەیان دەست نەدەکەوت. کەواتە کاتێك کە لە مەخلوقات زۆر شتێك هەیە کە ئێمە لێی بێ ئاگاینو ناتوانین حەقیقەتەکەی بە تەواوی دەرك بکەینو

لە عەقڵی خۆماندا بیگونجێنین چۆن دەتوانیین بە تەواوەتی ئەو زاتە باڵادەستە بناسینو باس لە چۆنیەتی وەسفەکانو کردارەکانی بکەین؟ کەواتە باوەڕمان بە ناوو سیفەتەکانی پەروەردگار هەیە بە بێ ئەوەی کە ماناکانی بگۆڕین یان باس لە چۆنیەتیەکەی بکەین یان بیچوێنین بە دروستکراوەکانیەوە، جا ئەو نەزانینە لە راستیدا نیشانەی ئەوەیە کە تۆ پەروەردگاری خۆتت ناسیوەو زانیوتە کە لەوە گەورەترە کە لە عەقڵو مێشکی تۆ دا جێی ببێتەوە.

ئینجا پەروەردگار بەدوای وشەی (ٱللَّهِ)دا وشەی(ٱلرَّحۡمَٰنِ)ی هێناوە، واتە ئەگەر کەسانێك خواناس بن ئەو (ٱللَّهِ) یە، ئەو خاوەن هێزە، ئەو خاوەن دەسەڵاتە ئەوەی کەوا تەواوی سیفەتەکانی کەماڵو جەماڵی تێدایە با وا نەزانن کە هەر بۆخۆیەتیو هیچی تر، نەخێر ئەو (ٱللَّهِ) یە زۆر بەسۆزە بۆ هەمو بەندەکانی بەدۆستو دوژمنییەوە، ئەوەی هەیە ئەگەر سۆزی ئەو زاتە نەیگرێتەوە بونی نییە جا لەبەر ئەو سۆزە زۆرەیە زۆر بەخشندەیەو هەموو دروستکراوەکانی خۆی غەرقی نیعمەت کردوە. مرۆڤ ئەگەر ژیرانە تەماشای خۆی بکات دەزانێ ئەوەندە نیعمەتی گەورەو بەنرخی پەروەردگاری لایە کە ناتوانێت بیانژمێرێت جگە لەوەی کە بیەوێت سوپاسی بکات کە هێزی بینینو بیستنو بیرکردنەوە بەشێکن لەو نیعمەتە زۆرو فرەوانەی (ٱللَّهِ) کەبە هیچ نرخێك ناکرێن، وە هەزاران نیعمەتی تری خۆی خستوەتە ژێردەستی ئێمەوە، بیر بکەرەوە ئەگەر باران نەبارێت ئایا ئێمە چیمان پێدەکرێت؟ ئایا دەتوانین پەڵە هەورێك دروست بکەین؟ بەڵێ ئەو زاتە رەحمانەو ئەو هەمو بارانە دەبارێنێو ئەو هەمو کانیاوو روبارە بۆ ئێمەبەدی دێنێتو بەو ئاوە ئەو هەمو بەروبومانە دەڕوێنێت کە بۆ سوودو بەرژەوەندی مرۆڤن چونکە رەحمانە.

﴿ٱلرَّحِيمِ﴾ واتە بێنیهایەت میهرەبان، هەندێك پێیان وایە کە وشەی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ﴾ چوونکە پیتێکی زیاترە لە ﴿ٱلرَّحِيمِ﴾ بە واتای خوا رەحمانە بۆ هەمو شتێك وە بۆ هەموو مرۆڤێك

لەدنیادا کافر بێت یان موسڵمان بەڵام ﴿ الرَّحِيمِ ﴾ پیتێکی کەمترە بۆیە ماناکەی کەمترە لە مانای ﴿ الرَّحْمَٰنِ ﴾ واتە سۆزو بەزەیی ومیهرەبانی اللّٰه لە قیامەت دا تایبەتی ئیمان دارانە بەڵام کافرو موشریک‌و موناقق ناگرێتەوە ئەوان بەرەو جەهەننەم دەبرێن، هەندێك ئاوا مانایان کردوە بەڵام پێویست ناکات بڵێین ماناکەی هەر ئاوایە، هەرچەند خوای گەورە ئەو سۆزەی هەیەو بە حەقیقەتیش وایە لەم دنیادا بە گشتی یەو بۆ هەموویانەو لە قیامەتیش دا تایبەتی ئیماندارانە، بەڵێ پەروەردگار لەدنیا سۆزو بەزەیی بۆ هەموو بەندەیەکی هەیە با کافریش بێت بەڵام لە قیامەتدا ئەو سۆزو بەزەییە تایبەتی ئیمان دارانە، هەندێکیش وتویانە رەحمان واتە ئەوزاتەی کە خاوەنی وەسفی سۆزو بەزەییەو ئەوەش کە بەکردەوە میهرەبانی دەنوێنێت ئەوە رەحیمە کەوابو رەحمان وەسفێکی زاتیە (صفة الذاتية) وە رەحیمیش وەسفێکی کرداریە (صفة الافعالية)بۆ پەروەردگار.

بزانە ئەوەبەندەانەی کە خاوەنی وەسفی سۆزو میهرەبانی بن سۆزی پەروەردگار لێیان نزیکترە، ئافرەتێك کە دوو منداڵی لەگەڵدا بو هاتە لای دایکمان عایشەو ئەویش سێ خورمای پێدا جا دوو لە خورماکانی دا بە دەست منداڵەکانی‌و دانەیەکەیشی بۆ خۆی هەڵگرت جا منداڵەکانی دوو خورماکەی خۆیان خواردو تەماشای ئەوەیشان دەکرد کە بەدەست دایکیانەوەیە جا ئەو خورمایەی کرد بە دوو بەش‌و پێی دان کاتێك پێغەمبەرﷺ هاتەوە عایشە ئەوەی بۆباس کرد پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: {وَمَا يُعجِبُكِ مِنْ ذَلِكَ لَقَد رَحِمَهَا اللهُ بِرَحْمَتِهَا صَبِيَّيهَا /الأدب المفرد، صححه الالباني/ لەچی سەرت سوڕماوە بێگومان اللّٰه رەحمی پێکرد بەهۆی ئەو رەحم‌و سۆزەی کە بە منداڵەکانی کرد}

بەڵکو پیغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی: {مَنْ لَا يَرْحَمُ لَا يُرْحَمُ /متفق عليه/ ئەوەی کە خاوەنی سۆزو رەحم نەبێت رەحمی پێناکرێت} جا مادام پەروەردگارمان خاوەنی ئەو هەموو گەورەی‌و دەسەڵاتەیەو تەواوی سیفاتی کەمال‌و جەماڵی تێدایەو خاوەنی ئەو هەموو نیعمەتانەیە کە گەورەترینیان نیعمەتی ئیسلامەو هیدایەتە، ئێمەش لەناخی دڵمانەوە دەڵێین:

(٢) تەواوی سوپاس بۆ اللّٰه یە کە پەروەردگاری جیهانیانە، لەبارەی جیاوازی نێوان وشەی (حَمدُ وشُكر و ثَناء) وتراوە حەمد هەر بەزمان دەکرێت لەسەر نیعمەت‌و غەیری نیعمەت، بەڵام شوکر بە هەمو شێوەیەك دەکرێت بەڵام تەنها لەسەر نیعمەت، سەنا لەسەر هەردووکیان دەکرێت نیعمەت وە غەیری نیعمەت، بە زمان‌و غەیری زمانیش دەبێت. کەوابوو هەر لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە خاوەنی عەزەمەت‌و گەورەییە حەقی حەمدو سەنای هەیە. هەروەك چۆن لەسەر ئەو هەمو نیعمەتانەش حەقی حەمدو شوکرو سەنای هەیە.

دوو پیتی (ال)ی ﴿ الْحَمْدُ ﴾ پێی دەوترێت (الْ) ی ئیستغراق‌و مانای هەمو دەگەیەنێت، واتە (كُلّ الْحمد لِلّه) ئەوەی کە حەمدو سوپاس بێت هەموی شایستەی (اللّٰه)یە، چونکە سەرچاوەی هەمو نیعمەتێك لە خواوەیەو هەر کەسێك هەرچی نیعمەتی هەبێت هەموی موڵکی خوایە تەنانەت ئەگەر کەسێك یارمەتی کەسێك بدات ئەویش هەر موڵکی خوایە جا لەپاش سوپاسی خوا ئینجا پێویستە سوپاسی کابرای بەخشندەش بکرێت چونکە بناغەی نیعمەتەکە لای خوایەو ئەو کابرایە جێنشینە تێیدا بە کابرای تری دەدات، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئەگەراللّٰه ئەو سۆزو بەزەییەی نەخستایە دڵیەوە ئەو یارمەتی ئەو هاونەوعەی خۆی نەدەدا کەوابو لەو یارمەتیەدا گەورەترین بەش هەر هی اللّٰه یە، لەبەر ئەوە تەواوی حەمد حەق‌و مافی پەروەردگاری بەشکۆو بەدیهێنەرە، ئینجا ئەگەر کەسێك یارمەتیت دەدات لەباتی وشەی حەمد، وشەی شوکر بەکاربێنە تا وشەی حەمد هەر بۆ خوا بێت بۆیە پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: {مَنْ لَمْ يَشْكُرْ النَّاسَ لَمْ يَشْكُرْ اللَّهَ /الترمذي، صححه الالباني/ واتە کەسێك سوپاسی خەڵك نەکات، سوپاسی خواش ناکات} وە نەیفەرمو: (مَنْ لَمْ يَحمَدِ النَّاسَ).

پاشان وەسفی ئەو زاتە دەکەین بەوەی کە ﴿ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ ـە وشەی (رَبّ) بە مانای پەروەردەکەرو

سەرپەرشتیکەرو چاودێری کەرە، واتە ئەو کەسەی کە شتێك دروست دەکات و پاشان لە ژێر چاودێری خۆیدا بۆ ئەو ئامانجەی کە دەیەوێت پەروەردەی دەکاتو گەشەی پێدەدات کە ئەمە پەروەردە کردنێکی گشتییە بەڵام پەروەردگار ئەوانەی کە بەندە راستەقینەکانی خۆیەتی پەروەردەیەکی تایبەتیان دەکاتو هیدایەتیان دەداتو دڵو دەرونیان ئاوەدان دەکاتەوەو بەرەو کەماڵو بەرزی پەروەردەیان دەکاتو گەشەیان پێدەدات.

وشەی(ربّ) بەتەنهایی دەبێ بۆ ﷲ بەکار بهێنرێت بەڵام ئەگەر درا بە لای وشەیەکی تردا ئەوە دەکرێت بۆ غەیری ﷲ ش بەکار بهێنرێت بۆ نمونە: بە ئافرەت دەوترێت (ربة البیت) وە بە پیاویش دەوترێت (رب البیت). بەڵام ئەوەی کە لە بنەڕەتدا پەروەردەی هەموو شت دەکات هەر خوایە واتە پێویستە بزانین کە هەرچی پەروەردەکراو هەیەو ئەوەیش کە پەروەردەی شتێ دەکات هەر بە هۆی تێگەیاندن وهەستو سۆزێکەوەیە کە ﷲ پێی داوە، واتە حەقیقەتی (ربّ) تەنها هەر ﷲ یە کە پەروەردگاری عالەمە، وشەی ﴿ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ کۆیەو بە جەمعی موزەکەری عاقڵ کۆکراوەتەوە مەبەست لە عالەم (ما سوى ﷲ) یە واتە بێجگە لە خوا پێی دەوترێت عالەم بەڵام لێرەدا کۆکراوەتەوە هەر بەو مانایە، هەندێك پێیان وایە عالەمین بۆیە کۆکراوەتەوە بۆ موزەکەری عاقڵ مەبەستی ئینسانو مەلائیکەو جنۆکەیە واتە وشەکە کۆکراوەتەوەو ماناکەی بچووك کراوەتەوە کە ئەمەش رێزێکی تایبەتە بۆ ئەو سێ جۆرە دروستکراوانە واتە: ئەم بوونەوەرەو ئەوەش کە دروستکراوە تێیداو رەوانەکردنی ئەم هەمو پێغەمبەرانە بۆ ئێوەنو لە بەر خاتری ئینسانو مەلائیکەو جنۆکەیەو باقی مەخلووقەکانی تر گەردن کەچو رامن بۆیان کەواتە پێویستە ئەم سێ دروستکراوی گرنگە چاك خوای خۆیان بناسنو بە دڵو زمانو کرداکار سوپاسی بکەن.

ئینجا کە باسی عالەم کراو سرنجی بۆلای ئەم بونەوەرە گەورەیە راکێشا جالەم حاڵەتەدا مرۆڤی باوەڕداری لە خوا ترس لە دڵەوە هەست بەشتێکی گرنگ دەکاتو پرسیار لە خۆی دەکاتو دەڵێ: ئەو خوایەی کە خاوەنی هەمو سیفەتێکی جەمالو کەماڵە، ئەو خوایەی کە پەروەردگاری هەمو عالەمە جا من کێمو کەی شایستەی ئەوەم هەیە کە ئێستا لە بەرامبەر ئەوەوە بوەستم؟ یان من چیم کە سووپاسی ئەو زاتە بکەم لە کاتێکدا کە قورسایی باری تاوان شانمی چەماندوەتەوە؟ جا لەو کاتەدا بەم دوسیفەتە بەنرخەیی هێوری دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(٣) ئەو (ﷲ)یە کە هەموی هەر سۆزو میهرەبانیە.

لێرە ئەوە دوبارە دەکاتەوە تا ئەو ترسو لاوازیەی کە چووتە ناو دڵی باوەڕدارەوە رای نەکێشێ بۆ نائومێدی کە دەست بشوات لە هەمو شتێكو بڵێت خوایە کە ئاوایە من چیم کە سوپاسی بکەمو سوپاسی من بەکوێ دەگاتو شەیتان ئەم بۆ چونەی بەخواناسی بۆ دانێتو ئیتر پاڵی لێبداتەوەو لێی دوور کەوێتەوە، کەواتە نائۆمێد مەبەو زیاتر هەوڵی بۆ بدە چونکە ئەو خوایەی کە تۆ دەیپەرەستی رەحمانو رەحیمە، هەندێکیش پێیان وایە وشەی ﴿ٱلرَّحْمَٰنِ﴾ واتە بەخشەندەیەك کە زۆر زۆر دەبەخشێت لە هەمو بابەتێك وبە هەمو جۆرێکەوە، بەڵام وشەی﴿ٱلرَّحِيمِ﴾ بەخشەندەی بەردەوامە، واتە خوای گەورە زۆرزۆر بەخشندەیەو بە بەردەوامیش دەبەخشێتو هیچ کات کۆتای بە بەخشینی نایەت.

جا بەم ناوانە هێورییەك رو لەو دڵانە دەکات بەڵام سروشتی مرۆڤ وایە هەر کە کەوتەناو نازو نیعمەتەوەو ترسی نەما ئیتر لە خۆی بایی دەبێت وەك ﷲ لە سورەتی عەلەقدا دەفەرموێ: ﴿حەقەو راستە، بەبێگومان مرۆڤ وا دروست بووە کاتێ کە دیتی بێ نیازە توغیان دەکاتو لە خۆبایی دەبێت﴾ جا بۆیە زۆر کەسیش هەیە کە پێی دەوترێت دەست لە تاوان بکێشەرەوەو لە خوا بترسە دەڵێت: خوا رەحمانو رەحیمە و لێمان خۆش دەبێتو بەم قسەیە خۆی فریو دەداتو پێی وایە ئیتر ئیستراحەت دەکاتو حیسابی لە گەڵدا ناکرێت بەڵێ ئەم جۆرە هێور بونەوەش هەروەکو نائومێدی تاوانە جا بۆیە بەدوای ئەوەدا دەفەرموێ:

٤ ئەو ﷲ یە پاشاو خاوەنی رۆژی دینە.

لەم ئایەتەدا ئەگەر (مالِك) واتە خاوەن بە (مَلِك) واتە پاشاوخاوەن دەسەلات بخوێنرێتەوە ئەوەش هەر دروستەو شێوازێکە لە خوێندنەوەکان، هەندێك وتویانە وشەی دین لێرەدا بەمانای سزاو پاداشت دانەوەیە کە مەبەست رۆژی قیامەتە، من پێم وایە وشەی دین ئەگەر ناوێکیش بێت لە ناوەکانی رۆژی قیامەت، لەبەر ئەوەیە چونکە ئەو رۆژە پرسیار لەدینت دەکەن نە نەژادو رەنگو تیرەو بەرەباب، بەڵێ خوا پاشای دنیاو قیامەتە بەڵام لەدنیادا ماوەی داوە کە مرۆڤ خاوەنی هەندێ شت بێت هەندێك بۆ ماوەیەك پاشاو خاوەن دەسەڵات بن بەڵام لەرۆژی قیامەتدا ئەو خاوەنیەتیە بەکەس نادات وەك لە سورەتی غافردا دەفەرمووێ: ﴿لِّمَنِ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَ / غافر: ١٦/ ئەمرۆ کێ خاوەنی مولکە؟ ﴾ کەس نیە وەڵام بداتەوە لەو رۆژەدا ئەو هەمو پاشایانەی دنیا کە هیچ نرخێکیان بۆکەس دانەدەناو زوڵمو زۆرداریان هەموخەڵکی لەدەست خستبو ئەو رۆژە هیچ فزەیەکیان لێوە نایەو بێ دەنگو سەرشۆڕنو وەڵامیان نابێ، خوای گەورە خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ /غافر: ١٦/ تەنها بۆ ﷲ یەکە کە تاكو تەنهایەو بەسەر هەموشتێکدا زاڵە﴾ بەڵێ ئەو رۆژە هیچ کەس نیە قسە بکات تەنانەت فریشتەکانیش، مەگەر بە ئیجازەی ﷲ، ئەو کاتە خزم خزمانەو عەشیرەت عەشیرەتانەو کێ کوڕی کێیە سوودی نابێت وەك پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {مَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ /مسلم وغيره/ ئەو کەسەی کە لە دنیادا کردارەکەی دوای خستبێت لە دینی خوادا، نەژادەکەی پێشی ناخات} واتە تەنها بەرنامەو دینەو هیچی تر، وەکو لە فەرمودەیەکی تری پێغەمبەرداﷺ هاتوە کە دەفەرموێ: {فَيَقُولُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ شَيْئًا فَلْيَتَّبِعْ فَمِنْهُمْ مَنْ يَتَّبِعُ الشَّمْسَ وَمِنْهُمْ مَنْ يَتَّبِعُ الْقَمَرَ وَمِنْهُمْ مَنْ يَتَّبِعُ الطَّوَاغِيتَ وَتَبْقَى هَذِهِ الْأُمَّةُ فِيهَا مُنَافِقُوهَا.../متفق عليه/ رۆژی حەشر ﷲ دەفەرموێ: هەر کەسێ لە دنیادا چی پەرستوە با بڕوات لەگەڵ پەرستراوەی خۆی دا جا هەندێکیان بە شوێن رۆژو هەندێکیش بە شوێن مانگو هەندێکی تر بە شوێن ئەوانە دەڕۆن کە لە باتی ﷲ بەندایەتیان بۆ کردون، وە ئەم ئومەتە دەمێنێتەوە کە دووروەکانیشان لە ناودایە...} جا لەو کاتەدا ﷲ فرمان دەکات کەسوجدە ببەن جا هەمو سوجدە دەبەن بەڵام مونافقان پشتیان رەق دەبێتو ناتوانن سوجدە ببەن ئەو کاتەش کۆمەڵی مونافق لەموسڵمانان جیا دەکرێنەوە. کەواتە ئەو رۆژە رۆژی دینو بەرنامەیە واتە ئەوەی کە لەو رۆژەدا دەور دەبینێت رێبازو ئایینێکە کە مرۆڤ لە ژیانی دنیادا دەستی پێوە گرتوە،

جا ئێمە وەك موسڵمان پێویستە ئاگامان لە خۆمان هەبێتو جگەلە بەرنامەی خوا پەیرەوی هیچ کەسو هیچ بەرنامەیەکی تر نەکەین. جا پاش ئەوە کە خوای گەورە تێی گەیاندین کە خاوەنی سۆزو بەزەی یە، خاوەنی ئەو رۆژەیشە وەك دەفەرموێ: ﴿مژدە بدە بە بەندەکانم کە هەر منم بە رەحمو سۆزم، وە هەروەها منم خاوەنی عەزابێکی دەرد ناك﴾ کەواتە هەردووکیان وەك یەك وەسفی خودان هەروەك چۆن سۆزو رەحمی هەیە هەروایش عەزابی سەختی هەیە.

لەراستیدا مرۆڤی موسڵمان کە عیبادەتی خوا دەکات هەم دەترسێ لە خوا کە لێی خۆش نەبێ و فرێی بداتە ناو جەهەنمەوە، هەم هیوادریشە کە ﷲ تۆڵەی لێ نەسێنێو بیخاتە ناو بەهەشتەوە، جا مرۆڤ ئەگەر نائومێد بێت لە رەحمی خوا هەر گوناهە، وەئەگەر دڵنیاش بوو هەر تاوانە. دەبێ عیبادەتی مرۆڤ لە بەینی ترسو دڵنیایی دا بێت، چونکە نائومێدی مرۆڤ بەرەو تاوانو گوناح دەباتو هێور بوونەوەش مرۆڤ بەرەو لەخۆبایی بوونو کەمتەر خەمی دەبات کەواتە ئومێدو ترس دوو باڵی فڕینن بۆ گەیشتن بە رەزامەندی پەروەردگار کە بە نەبونی یەکێکیان ئەوی تریان هیچی پێناکرێت.

٥ هەر تەنها بەندایەتی بۆ تۆ دەکەین، تەنها تۆ دەپەرستین، جگە لە تۆناپەرستینو هەر لە تۆش داوای یارمەتی دەکەینو جگە لە تۆ داوای یارمەتی لەکەسی تر ناکەین.

ئەمە دروشمی باوەردارەو بەراست کردنمان لەم بڕیارەماندا دەبین بە ئەهلی تەوحید. پێش خستنی وشەی ﴿ إِيَّاكَ ﴾ لە هەردوو رستەکەدا بۆ(حصر)ە واتە کورت کردنەوەی کارەکە لەو شتەدا دەگەیەنێ، جا لادان لەو مانایە لادانە لە یەکتاپەرستی راستو دروست، وە پێویستە بزانیت کە عیبادەت هەر رکوعو سوجدەبردنو نوێژ کردن نیە بەڵکو عیبادەت هەمو ئەوشتانەیە کە پەروەردگار خۆشی دەوێتو بەوانە رازیە جا بەدڵ بکرێت یان بە زمان یان بە لەش واتە پەیڕەوی کردنو بەجێهێنانی فرمانی پەروەردگار لەسەر ئەساسی خۆشەویستیو ئیخلاصە، بۆ نمونە: زەکات، پارە دانە بەڵام عیبادەتە، حەج گەشتوگوزارە بەڵام عیبادەتە، ئەمر بە چاکەو بەرگری لەخراپە فەرمانکردنە بەڵام عیبادەتە، نەکردنی گوناح تەرکی شتێکە بەڵام عیبادەتە، خۆشەویستی بۆ باوەڕدارانو رقبون لە بێ باوەڕان بناغەکەی لە دڵدایە لە حاڵێکدا مەرجی راستیودروستی ئیمانەو عیبادەتە، واتە ئەنجامدانی فرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بچووك بێت یان گەورە عیبادەتە هەر لە لابردنی بەردێك لە رێگادا هەتا وتنی گەورەترین وشە کە (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ)یە هەموی عیبادەتە. بەڵام بەو مەرجەی بەو پەڕی دڵخۆشیو ئیخلاصەوە ئەو عیبادەتانە بەجێبهێنێت بەواتایەکی تر عیبادەت واتە گوێڕایەڵی کردنو ئەنجامدانی فرمانەکان جا ئەگەر ئەو گوێڕایەڵی کردنە بۆ خواو بۆ پێغەمبەرﷺ بو چاکە ئەگینا لەو بڕیارەی کەداومانە راستمان نەکردوەو ئەهلی شیرکین نە ئەهلی تەوحید چونکە پەیڕەوی هەرچی بکەیت ئەوشتەت پەرستوە، ئەوەتە لە سورەتی جاسیەدا دەفەرموێ: ﴿ئایا تۆ نەت دی ئەوکەسەی کەهەوەسو ئارەزۆی خۆی دەپەرست؟﴾ چونکە بەگوێی ئارەزۆکانی خۆی دەکات، جا ئەگەر ئامادەی ئەنجامدانی فرمانەکانی خوا نەبوین مانای وایە کە درۆمان کردوەو بەندایەتی خوامان نەکردوە، بەڵکو بەندایەتی غەیری خوامان کردوە جا کە وتمان: خوایە تەنها بۆ تۆ عیبادەت دەکەین، خوای گەورە دەفەرموێ: نەخێر درۆ دەکەن، چونکە لە سورەتی ئەعرافدا پێی راگەیاندوین کە ﴿أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ﴾/الأعراف:٥٤/ ئاگادار بن هەر ئەو دروستکەرەو هەر بۆ خۆیشێتی فرمان دان﴾ دەی هەمومان دان بەوەدا دەنێین کە خوا خالیقە دەی چۆن دەبێت کە دروستکراو لەدروستکەر چاکتر خۆی بناسێتو یاساو بەرنامە بۆ خۆی دابنێت ئایا شتی ئاوەها ژیری وەری دەگرێت؟ کەواتە ئەوکەسەی کەدروستی کردوین دەبێ هەرئەو فرمانمان بەسەردابدات کەسی تر مافی فرماندانی نیە، هەرکەسێك خۆی بەشایستەی ئەوە بزانێت کە بۆی هەیە فرمان دەربکات جگە لە فرمانی خوا، مانای وایە ئەو کەسە داوای خوایەتی دەکات بەسەر خەڵکەوە بڵێ یان نەڵێ، فرمانی کێش جێ بەجێکرا ئەوە پەرستراوو بەندایەتی بۆ کراوە چ خەڵك بزانن یان نەزانن. جا پێویستە ئێمەی موسڵمانو نوێژ کەر کە ئەم سوورەتە لای کەم حەڤدە جار رۆژانە لە نوێژدا دەیخوێنینو دەڵێین ئێمە تەنها بەندایەتی بۆ تۆ دەکەین هەروەها لە باقی ئەمرو فرمانەکانی خوا دەرنەچینو بەگوێرەی توانا ئەنجامیان بدەین.

بەڵێ ئێمە تاکو ئێرە مەتحو سەنای خوامان کردوەو بەڵێنمان داو وتمان تەنها بەندایەتی بۆ خوا دەکەین، ئینجا دەڵێین: ﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ کەوابوو داوای یارمەتیش هەر لە تۆ دەکەین، چونکە هەر خوایە یارمەتیمان دەدات. مرۆڤی موسڵمان ئەگەر وای زانی کە کەسێکی تر یارمەتی دەداتو کۆمەکی دەکاتو خۆی توانای هەیە بە بێ فرمانو دەسەڵاتی خوا ئەو ئیشە بکات، بە راستی ئەو ئینسانە بە هەڵە دا چووە، وەتێنەگەیشتوە لە بیرو باوەری خۆی، ئەبێ تەوبە بکاتو بڵێ: تەنها خوای گەورەیە دەتوانێ قازانجو زیانم پێ بگەیەنێ. وەك پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ:

{يَا غُلَامُ إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ احْفَظِ اللَّهَ يَحْفَظْكَ احْفَظِ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللَّهَ وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَاعْلَمْ أَنَّ الْأُمَّةَ لَوْ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ وَلَوْ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ رُفِعَتْ الْأَقْلَامُ وَجَفَّتْ الصُّحُفُ /الترمذي، صححه الالباني/ ئەی لاو بێگومان چەند رستەیەکت فێردەکەم کە بەسود بێ بۆت، بڕیارو سنورەکانی خوا بپارێزە خوایش دەت پارێزێت، پارێزەری فرمانی خوا بە هەمیشە لەگەلت دایەو دەتپارێزێت، هەرکاتێك داوات کرد جا هەر لە خوا داوا بکە، وە هەرکاتێك کە یارمەتیت ویست ئەوسا داوای یارمەتی هەر لە خوا بکە، بزانە ئەگەر جنۆکەو مرۆڤ کۆ ببنەوە لەسەر ئەوەی کە قازانجێکت پێبگەیەنن ناتوانن مەگەر خوا بڕیاری دابێت کە ئەو قازانجەت پێ بگات، وە هەموشیان کۆ ببنەوە لەسەر ئەوەی کەوا زیانێکت پێ بگەیەنن ناتوانن هیچ زیانێکت پێ بگەیەنن، مەگەر خوا بڕیاری دابێت ئەو زیانەت پێ بگات} کەوابوو خەڵکی تر بوو بە چی؟ هیچ.

پێویستە ئەوەش بزانین کەداواکردن دووبەشە یەکەم . داواکردنی شتێك لەکەسێك کە ئەگەر رێگرێك نەبێت بتوانێت بێت بەدەمتەوەو ئەو ئیشەش لەتوانای مرۆڤدا بێت وەك ئەوە بە کابرایەك بڵێیت: یارمەتیم بدە با ئەم بارە باربکەین ئەوە داوایەکی رەوایە، دووهەم: داواکردنی شتێك لەکەسێك کە ئەگەر رێگریش نەبێ نەتوانێت بێت بەدەمتەوە وەك داواکردن لە دارو درەختو مردوو یان داوای یارمەتی لەسەر شتانێك ئەنجامدانی ئەو ئیشە لە توانای مرۆڤدا نەبێت وەك منالّ پێدان و رەشکردنەوەی تاوانو شیفادانی نەخۆش کە ئەو داوایە رەوانیەو شیرکەو تاوانێکە بەبێ تەوبەکردن خوا چاوپۆشی لێ ناکات.

ئەم سورەتە کراوە بەدووبەشەوە، بەشی یەکەمی بەندایەتی ئێمەیە بۆ خواوبە ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ ﴾ کۆتای دێت. بەشی دووهەمی داوای ئێمەیە لە خوای گەورەکە لە ﴿ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ وە دەست پێ دەکات کە داوای لێدەکەین کە یارمەتیمان بدات. بزانە کە نەوتراوە (إِيَّاكَ أعبُدُ)وە (إِيَّاكَ أستَعِينُ) واتە بەتاك نەهاتوە، واتە نالّێیت: من هەرتۆ دەپەرستم، وە من داوای یارمەتی هەرلە تۆ دەکەم. هەندێك پێیان وایە، چونکە مرۆڤ لەمەقامێکی گەورە دایە کە بەرامبەر بە خوا وەستاوە لەبەر ئەوە خۆی بە گەورە دەگرێت، بۆیە ماوەی پێدراوە کە ئەودوو وشەیە بەکار بێنێ کە بە (نون)ی قسەکەرە بەخۆیەوە ﴿ نَعْبُدُ - نَسْتَعِينُ ﴾ بەلّام لەراستی دا من وای بۆ دەچم: چونکە ئیسلام ئاینی کۆمەڵەو ئاینی یەکێتیو برایەتیە تێمان دەگەیەنێ تاکێك کە تەنها هەر بۆخۆی بێتو هیچ پەیوەندی بەکەسەو نەبێت لەم ئاینەدا نامۆیە بەلّکو بە کۆمەلّ شتە، وەکو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێ:{فَمَنْ رَأَيْتُمُوهُ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ أَوْ يُرِيدُ يُفَرِّقُ أَمْرَ أُمَّةِ مُحَمَّدٍ ﷺ كَائِنًا مَنْ كَانَ فَاقْتُلُوهُ فَإِنَّ يَدَ اللَّهِ عَلَى الْجَمَاعَةِ فَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ مَنْ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ يَرْكُضُ /الترمذی، النسائی، صححه الالبانی/ جاهەر کەسێکتان دی کە خۆی لە موسڵمانان جیادەکردەوە یان دەی ویست کە ئەم ئومەتی محمدەﷺ لەت بکات هەر کەسێك بێت بیکوژن سادڵنیابن کە دەستی خوا لەگەل کۆمەڵی موسڵماناندایە، ئینجا بێشك کەشەیتان هەڵپەڕکە دەکات لەگەڵ ئەوکەسەی کە لە موسڵمانان جیا دەبێتەوە} هەروەهاپێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {عَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ وَإِيَّاكُمْ وَالْفُرْقَةَ /الترمذی، صححه الالبانی/ پێویستە لەسەرتان کە ئێوە یەك بنونەخەڵەتابن بەشبەش ببن}

وە لە سورەتی ئالی عمراندا ﷻدەفەرمووێ: ﴿ وَٱعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ / آل عمران: ١٠٣/ هەموتان دەست بگرن بە ئاینەکەی خوداوەو بەش بەش مەبن ﴾ کەوابوو ئێمە کاتێك موسڵمانین کە یەك دەستو یەك ریز بین چونکە بەبێگومان نیوەی ئایینو عیبادەتمان

کۆمەڵایەتییەو بەتاك ناکرێت، بۆ نمونە: تۆ زکات بە کێ دەدەی؟ بەکێ دەڵێیت چاکە بکەو خراپە مەکە؟ کەوا بوو ئیسلام ئاینی کۆمەڵەو (نَعْبُدُ - نَسْتَعِينُ) تێمان دەگەیەنێت کە دەبێ بە یەکپارچەییو یەك ریزی بژین کەواتە تۆ کاتێ ئەم سورەتە لە نوێژ دا دەخوێنیت وەك نمایندەیەکی موسڵمانان لەگەل خوادا گفتوگۆ دەکەیتو بریارێکی زۆر گەورەش دەدەیت، چونکە بڕیارت داوە کە هەر ئەو دەپەرستین و هەر لەویش داوای یارمەتی دەکەینو یەکپارچەو یەکریزینو بڕیاری یەکێکمان بۆ هەمومانە جا تۆ هەر کە دیتت کابرایەك لە شوێنێکدا نوێژ دەکات دەزانی کە ئەوەدوعا بۆ تۆ دەکاتو بە ناوی تۆوە دەپاڕێتەوە لە خوا، واتە بۆ خۆیو بۆ تۆش دەپاڕێتەوە جادەبێ تۆش ئەو کابرایەت خۆش بوێت کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کەموسڵمانان زیاتر یەکتریان خۆش بوێت، چونکە مرۆڤی موسوڵمان لە رۆژێکدا بە لای کەمەوە حەڤدە رکات نوێژ دەکات، واتە حەڤدە جار دەپاڕێتەوەو دوعا دەکات بۆ خۆیو بۆ گشت موسڵمانێك جا ئیتر چۆن دەبێ موسڵمانان یەکتریان خۆش نەوێت؟ بەڵکو خۆشویستنی موسڵمان مەرجی باوەڕداربونە وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: { وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا أَوَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ./متفق علیه/ سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە ناچنە بەهەشتەوە تا باوەڕنەهێنن، جا باوەڕی راستیشتان نیە هەتا یەکترتان خۆش نەوێت، ئەوە بۆ رێنماییتان نەکەم بۆ کردارێك هەرکاتێك ئەوکردارە ئەنجام بدەن یەکترتان خۆش بوێت؟ لەنێوخۆتاندا زۆر سەلام بکەن}

ئایا دەزانیت کە برای دینیت بە لای کەمەوە رۆژێ حەڤدە جار دوعات بۆ دەکات وە دەپاڕێتەوە لە ﷲ کە کۆمەکیمان بکات و یارمەتیمان بدات؟ هەر لەسەر ئەو بناغەیە کە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ /متفق علیه/ هیچ کام لە ئێوە ئیمانتان تەواو نیە هەتا ئەوەی کە بۆ خۆتان پێخۆشە هەر ئەوەشتان پێ خۆش بێت بۆ برای دینی خۆتان} هەروەها پێغەمبەرمان ﷺ هەرلەم بارەیەوە دەفەرمووێ:{تَرَى الْمُؤْمِنِينَ فِي تَرَاحُمِهِمْ وَتَوَادِّهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ كَمَثَلِ الْجَسَدِ إِذَا اشْتَكَى عُضْوًا تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ جَسَدِهِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى /متفق علیه/ تۆ دەبینی باوەڕدارن لەسۆزو میهرەبانیو یەکویستنو بادانەوەیان بۆلای یەکتر وەك یەك لەشن جاهەرکاتێ پارچەیەکی هاتە ژان هەموو ئەندامەکانی لەش دێنە ژانو ئیستراحەت ناکەن تا ئەو پارچەیە سارێژ نەبێت } واتە ئێمەی موسڵمان ئەگەر ئاوەها نەبین راستمان نەکردووە، کەوا بوو (نَعْبُدُ - نَسْتَعِينُ) تێیگەیاندین کە ئێمەی موسڵمان یەك کۆمەڵینو یەك لەشینو بەو شێوەیە شتین ئەگینا بەتەنیا هیچ نینوهیچ ئیشێکی گرنگی ئیسلامیشمان پێ ئەنجام نادرێت هەرچەند فویش لە خۆمان بکەین. دیارە تێکەڵ بون لە گەل موسڵمانانو هەڵسوکەوت لەگەلیاندا شتێکی ئاسان نییە چونکە کۆمەڵگە هەموی وەك یەك نیە جا ئەمە خۆ گریو حیکمەتی دەوێ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {الْمُسْلِمُ إِذَا كَانَ مُخَالِطًا النَّاسَ وَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ خَيْرٌ مِنَ الْمُسْلِمِ الَّذِي لَا يُخَالِطُ النَّاسَ وَلَا يَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ /الترمذی، ابن ماجة، صححه الألباني/ ئەو موسڵمانەی کە تێکەڵاوی خەڵك دەبێتو خۆی دەگرێت لەسەر ئێشو ئازارەکانیان باشترەلەو موسڵمانەی کە تێکەڵاوی خەڵك نابێت وخۆی ناگرێت لەسەر ئێشو ئازارەکانیان}

کەوا بوو ئاینی ئیسلام ئاینی یەکێتیوبرایەتیو خۆشەویستی ویەکریزیە، کاتێ کە دەڵێیت: ﴿خوایە ئێمە تەنها تۆ دەپەرستینو تەنها داوای یارمەتیش لە تۆ دەکەین﴾ تۆ بە ناوی هەموو موسڵمانانەوە قسە دەکەی،

کەواتە هەمو موسڵمانێك پێویستە ئەم راستیانە بۆ خۆی بزانێت وهەوڵدات کە ئەو مانایە لە ناو خەڵکداو لەدەرەوەی نوێژەکەیدا بچەسپێنێت تا زیاتر خۆشەویستی بکەوێتە ناو دڵەکانەوە. دیارە ئەگەر کەسێکت خۆشویست ئیتر حەز بە زیانی ناکەیت،ماڵی بەناحەق ناخۆیت، غەیبەتی ناکەیتو درۆی بۆ هەڵناوەسێتو سیخوڕی لەسەر ناکەیت بۆیە پێویستە لەسەرمان کە نوێژ پاکمان بکاتەوە لەهەمو کردارو گوفتارو نیەتێکی خراپ ئەگینا نوێژمان نەکردوە.

لە فەرمودەیەکی قودسی دا ئەم سورەتە بە (الصلاە) ناوبراوە کە دەفەرموێ:{قَالَ اللَّهُ تَعَالَى قَسَمْتُ الصَّلَاةَ بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي نِصْفَيْنِ وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ فَإِذَا قَالَ الْعَبْدُ ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ قَالَ اللَّهُ تَعَالَى حَمِدَنِي عَبْدِي وَإِذَا قَالَ ﴿ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ قَالَ اللَّهُ تَعَالَى أَثْنَى عَلَيَّ عَبْدِي وَإِذَا قَالَ ﴿ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴾ قَالَ مَجَّدَنِي عَبْدِي وَقَالَ مَرَّةً فَوَّضَ إِلَيَّ عَبْدِي فَإِذَا قَالَ ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ قَالَ هَذَا بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ فَإِذَا قَالَ ﴿ ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾ قَالَ هَذَا لِعَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ /مسلم وغيره/ ﷻ فەرمویەتی: سورەتی فاتیحەم کردوە بە دوو بەشەوە لەنێوان خۆمو بەندەکەمدا، وە بەندەکەم چی داوا بکات پێی دەدرێت جا کاتێك کە دەڵێت: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ ﷻ دەفەرموێ: عەبدەکەم سوپاسی منی کرد، وە کاتێك دەڵێت: ﴿ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ ﷻ دەفەرموێ: بە چاکە وەسفی کردم، وەکاتێك دەڵێت: ﴿ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴾ ﷻ دەفەرموێ: بە گەورەیو بەرزی یادی کردم وجارێکیش واهاتوەکە فەرموی: عەبدەکەم دەسەڵاتداریەتی ئەوڕۆژەی بەمن سپارد، جا کاتێك وتی: ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ دەفەرموێ: ئەمە نێوانی منو بەندەمە جا چی داوا بکات پێی دەدرێت، جا کاتێك وتی: ﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾ ﷻ دەفەرموێت: ئەمە بۆ عەبدەکەمە جا چی داوا بکات پێی دەدرێت. ئەویش دەڵێ: ئەی پەروەردگارم ...

(٦) رێنماییمان بکە بۆ رێگای راست.

واتە هەم رێگای راستمان پیشان بدەو حەقو ناحەقمان بۆ دەربخە و هەم لەسەر ئەو رێگایە سەقامگیرمان بکەو یارمەتی مان بدە کە لێی لانەدەین، دیارە رێگا زۆرە بەڵام تەنها یەك رێگا راستە ورێگاکانی تر هەمویان کوێرەرێگانو زۆر نابات رێبوارانیان یان هەڵدەدێرێن یان بەبێ راهەدەگەنو جگە لە گەڕانەوە چارەیەکی تریان نیە. ئەی رێگای راست کامەیە؟

(٧) رێگای راست رێگای ئەو کەسانەیە کە نیعمەتی خۆتت رژاندوە بە سەریاندا کە ئایینی ئیسلامەو گەورەترین نیعمەتی خوایە نە رێی ئەو غەزەب لێگیراوانو گومڕایانە. جا ئێمەش داوا دەکەین کە لەسەر ئەو ئایینە پیرۆزە بژینو لەسەر ئەو بمرینو هاوڕێو رەفیقی هەڵگرانی ئەو ئایینە بین ئەوانەی کە نیعمەتت رژاندوە بە سەریاندا کە پێغەمبەران و پیاو چاکانو ساڵحانو شەهیدانن کەئەوانە هەمویان بەو نیعمەتەی خوابون بەو مرۆڤە بەنرخو پایەبەرزانە. ئینجا هەروەکو داوای رێنماییو پیشاندانی رێی حەقمان لێکرد هەروایشە داوای لێدەکەین کە رێی هەڵەڕۆیو سەرلێشوایمان بۆ رون بکاتەوەو بمانپارێزێ لێی، بەراستی حەقو ئیمان بەتەواوی بۆ ئیسان رون نابێت تاکو نەزانێت ناحەقو کوفر چییە،

وە بەراستی ئەوەی کوفرو گومڕاهی نەناسی زۆر نزیکە توشی ببێت بە بێ ئەوەی کە ئاگای لە خۆی بێت، عومەری کوڕی خەتاب ﷺ دەفەرموێ: (إنَّما تنقض عُرى الإسلامِ عُروَة

عروَةً إذا نَشَأَ في الإسلامِ مَن لا يَعرِف الجَاهلِيةَ / بەراستی لقوپۆی ئیسلام یەك لەدوای یەك لەناو دەچێت هەركاتێ كەسێ كە هەر لە ناوی ئیسلام دا گەشەی كردبێتو كوفرو نەزانی نەناسێت) وا ئەمڕۆ دەبینین ئەو قسەیەی بەدی هاتوە، كابرا خۆی بە موسڵمان دەزانێت كەچی هاوار لە غەیری ﷲ دەكات، ئەوەی تر دەڵێ باوەڕم بەقورئان هەیە بەڵام لە هەمان كاتدا یاسای دستكردی بۆ ژیانی هەڵبژاردوە، ئەوی تر خۆی بە شوێنكەوتەی سونەتی پێغەمبەر ﷺ دەزانێت كەچی لاسای گاورو جولەكە دەكاتەوە!! خوا بمانپارێزێت چونكە هەر ئەو زاتە دەتوانێ رێ پیشاندەر بێتو بمانپارێزێ جا دەڵێین: سا خوایە دورمان بخەرەوە لەو غەزەب لێگیراوانە ئەوانەی كە لایان داوە لە رێگای راست كە جولەكە سەرقافڵەیانەو ئەوانەش كەگومڕابون كەگاوریش سەرقافڵەی ئەوانە.

جابۆیە نوێژ خوێن پاش تەواوبونی ئەم سورەتە سونەتە بڵێت: (امین) واتە خوایە ئەم دوعاونزاو عیبادەتەم لێوەرگرە. جا ئەگەر بە جەماعەت لە پشت ئیمامێك نوێژی دەخوێند هەوڵدات با ئامینەكەی لەگەل ئامینی ئیمامدابێت چونكە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إِذَا أَمَّنَ الْإِمَامُ فَأَمِّنُوا فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ تَأْمِينُهُ تَأْمِينَ الْمَلَائِكَةِ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ /متفق عليه/ هەركاتێ كە ئیمام ئامینی كرد ئەوكاتە ئێوەش ئامین بكەن جا بێگومان هەركەسێك ئامینەكەی رێك بكەوێت لەگەل ئامینی فریشتەكاندا . چونكە ئەوان لەگەل ئیمامدا ئامین دەكەن . چاوپۆشی دەكرێت لەگوناهی پێشوی}

جا ئێمەی موسڵمان پێویستە لەم ئایینە شارەزابینو قورئان بزانین چونكە ئێمە بۆ ئەوە دروست بوین، پاش تاقی كردنەوەمان دەمرینو جارێكی تر ناگەڕێینەوە بۆ ئیشكردن، جا ئاگات لەخۆبێو چاكی بزانە، لەبەردەمتایە سەنگو كێشانە، هاتنی دنیات بۆ ئیمتحانە، هەتا لەودنیا نەتبێ بەهانە.

لەم سورەتە كورتەی قورئاندا لە سەرەتاوە هات، ناوی خواو هەموو سیفەتەكانی بە وشەكانی ﴿ ٱللَّهِ ، ٱلرَّحْمَٰنِ ، ٱلرَّحِيمِ ، رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ، مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴾ پێ ناساندین لەراستیدا ئەم پێنج ناوانەی پەروەردگار ئەگەر بەوردی تەماشا بكرێن تەواوی ناوو سیفەتەكانی خوا دەگرێتەوە، هەروەها هەرسێ بەشەكەی تەوحیدی بە تەواوی لەخۆگرتوە تەوحیدی زاتو سیفاتوكردار جا ئەوەی كە ئیمانی بە رۆژی دوای هەبێو بزانێ كە حیسابێك هەیە خۆدەبێ باوەڕی بەم پەڕاوە هەبێو ئەم پەڕاوەش لە رێگای پێغەمبەرەوە هاتوە لێرە دەبێ باوەڕی بە گشت پێغەمبەران هەبێت كە دواهێنەری هەمویان پێغەمبەرمانە ﷺ هەروەها ئەم سورەتە تێی گەیاندین دەبێ بەندایەتیەكەمان پاڵفتە بێت، چونكە بەندایەتی ئەگەر پاڵفتە نەبێت خوا وەریناگیرێت، وە شەیتانیش دەتوانێ فریومان بدات چونكە كاتێ كە نەعلەتی لێكرا وتی: ﴿سوێندم بە عزەتت هەمویان گومڕا دەكەم، مەگەر ئەو بەندانەت كە خۆیان پاڵفتەویەكلا كردوەتەوە بۆبەندایەتیت﴾ ص :٨٢،٨٣/

جا بۆ ئەوەی كە پارێزراو بین لە شەڕی شەیتانو شەیتان سیفەتان پێویستە ئینسان ئیشەكەی بە پاكیو بەدڵسۆزی بۆ خوا ئەنجام بداتو تێكەڵاو بەروپاماییو ریایی نەبێت هەروەها تێی گەیاندین كە كام رێگا رێگای بەختەوەریە، وە كام رێگا رێگای گومڕاهیە، وە پێویستە ئەوەش بزانین كەئێمە توانای هیچ شتێكمان نیەو دەبێ هەموی بسپێرین بە ﷲ، وە تەنها لەو داوا ی كۆمەك بكەین چونكە ﴿ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ﴾ /الطلاق: ٣/ هەركەس پشت بە خوا ببەستێ ئەوسا ئیترخوا بەسیەتی﴾

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓ ١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى
لِّلۡمُتَّقِينَ ٢ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ
وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣ وَٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ
إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ وَبِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ
٤ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٥

(٢) سورەتی بەقەرە (٢٨٦)

سورەتی بەقەرە کە سورەتی دووهەمی قورئانەو دووسەدو هەشتاوشەش ئایەتە، لە سەرەتای هیجرەتی پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ مەدینە پاش سورەتی موتەففین دابەزیوە، جا بەردەوام ئایەتەکانی ئەم سورەتە دەهاتنەخوارەوەو تا دوایین ئایەت کە دابەزیوە سەر پێغەمبەر ﷺ کە ئایەتەکانی ریبایە کە هی ئەم سورەتەیە، ئەم سورەتە یەکێکە لە گەورەترین سورەتەکانی قورئان کە زۆربەی زانایان ماندو بونیان کێشاوە بۆ لەبەرکردنی، چونکە ئەم سورەتە نیشانەی عیلمو تێگەیشتنە، وەك دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ رۆژێکیان کۆمەڵێك مرۆڤی هەڵبژاردو دەیویست بۆ ئیشێکیان بنێرێ چەند پرسیاری قورئانی لێ کردن فەرموی: کێ چی لەبەرە؟ دەستیان کرد بە قورئان خوێندن هەر کەسێك شتێکی خوێند تاکو گەیشتە کەسی کۆتاییان کە کەسێکی تەمەن منداڵیان بو پرسیاری لێ کرد: چیت لە بەرە لە قورئان؟ مناڵەکەش وتی: فلان سورەت و فلان سورەت لەگەڵ سورەتی بەقەرەدا، ئینجا کە ئەمەی وت، فەرموی: سوورەتی بەقەرەت لە بەرە؟ فەرموی: جا تۆ ئەمیری ئەم کۆمەڵە بە، هەرچەندە بە تەمەن مناڵ بوو بەڵام بەهۆی ئەوەی کە سورەتی بەقەرەی لە بەر بو، ئەو بوو بە ئەمیری ئەو کۆمەڵە موسڵمانە، ئەمە رۆشنترین بەڵگەیە لەسەر پلەو مەقامی ئەم سوورەتە، وە ئەبوهورەیرە دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: {لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ مَقَابِرَ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْفِرُ مِنَ الْبَيْتِ الَّذِي تُقْرَأُ فِيهِ سُورَةُ الْبَقَرَةِ/مسلم/ ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان بەراستی شەیتان رادەکات لە ماڵێك کە سورەتی بەقەرەی تێدا بخوێنرێت}

وەهەروەها دەفەرموێ:{إنَّ لِكُلِّ شيءٍ سناماً، وإنَّ سنامَ الْقُرآنِ الْبَقَرَة /الحاكم، حسنه الالباني/ هەموشتێك لوتەکەی بەرزی خۆی هەیە، لوتەکەی بەرزی قورئانیش سورەتی بەقەرەیە}

وەهەروەها پێغەمبەر ﷺ سورەتی "بەقەرە" و سورەتی "ئالی عیمران"ی بە " الزَّهْرَاوَيْن" ناو دەبات و دەفەرموێ: {اقْرَءُوا الْقُرْآنَ فَإِنَّهُ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَفِيعًا لِأَصْحَابِهِ اقْرَءُوا الزَّهْرَاوَيْنِ الْبَقَرَةَ وَسُورَةَ آلِ عِمْرَانَ فَإِنَّهُمَا تَأْتِيَانِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَأَنَّهُمَا غَمَامَتَانِ أَوْ كَأَنَّهُمَا غَيَايَتَانِ أَوْ كَأَنَّهُمَا فِرْقَانِ مِنْ طَيْرٍ صَوَافَّ تُحَاجَّانِ عَنْ أَصْحَابِهِمَا اقْرَءُوا سُورَةَ الْبَقَرَةِ فَإِنَّ أَخْذَهَا بَرَكَةٌ وَتَرْكَهَا حَسْرَةٌ وَلَا تَسْتَطِيعُهَا الْبَطَلَةُ /مسلم وغيره/ قورئان بخوێنن کە بەراستی رۆژی قیامەت دەبێت بە تکاکارو شافیع بۆ یارەکانی، ئەو دوو گوڵەی قورئان، بەقەرەو ئالی عیمران بخوێنن، جا بەراستی رۆژی قیامەت ئەو دوانە دێن وەك دوو پەڵە هەور یان وەك دوو سێبەر یان دوو کۆمەڵە لە باڵندە کە باڵەکانیان کردوەتەوە، پشتگیری و یارمەتی هاوڕێکانیان دەکەن، سورەتی بەقەرە بخوێنن کە بەراستی وەرگرتنی بەرەکەتەو وازلێهێنانی پەشیمانیەو ساحیران ناتوانن لە بەرامبەریدا رابوەستن}

زانایان ئەوەندە خۆیان بە سوورەتی "بەقەرە"وە خەریك کردوە هەتا زانیویانە کەچەند وشەو چەند پیت و چەند فرمانی تێدایە، هەندێك وتویانە لەم سوورەتەدا هەزار هەواڵ و هەزار ئەمرو هەزار نەهی تێدایە، گەورەترین ئایەتی قورئان لەم سورەتەدا هاتوە، کە ئایەتی دووسەو هەشتاو دووە. ئەم سوورەتە پێشەکی مرۆڤی کردووە بە سێ بەشەوە: باوەڕدارو بێ باوەرو و موناڧق، لەم سێ لایەنەوە باسی مرۆڤەکان دەکات، باسی ئیمانداران دەکات، ئینجا سیفەتەکانیان ودوا رۆژیان، وەهەروەها باسی بێ باوەران دەکات لەگەڵ سیفەتەکانیان و دوا رۆژیان، جا باسی موناڧقان و سیفەتەکانیان و دوا رۆژیان دەکات، وە هەروەها ئەم سوورەتە لە بارەی ئەحکامەوە، ئەحکامێکی زۆری تێدایە، ئەگەر بە وردی تەماشای بکەین عیلم و زانستێکی زۆری تێدایە، ئەبو ئومامە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: {اسْمُ اللَّهِ الْأَعْظَمُ الَّذِي إِذَا دُعِيَ بِهِ أَجَابَ فِي سُوَرٍ ثَلَاثٍ الْبَقَرَةِ وَآلِ عِمْرَانَ وَطه/ ابن ماجه، صححه الالباني/ ئەو ناوەگەورانەی خوا کە هەرکاتێ بەوناوانە داوای لێ بکرێت وەڵام دەداتەوە لەم سێ سورەتەدا هاتووە "بەقەرەو ئالی عیمران و تەها}

﴿ بەناوی اللَّهُ ي زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان ﴾

(١) سەرەتای ئەم سوورەتە بەم وشانە دەست پێ دەکات، کە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە (ئەلیف،لام،میم). ئەم وشانە، چونکە سەربەخۆن بە ناوەکانیان دەخوێنرێنەوە

پێیان دەوترێت (الحروف مقطعة) واتە پیتە جیاکان، کە چواردە پیتن‌و لە سەرەتای بیست‌و نۆ سورەتی قورئان دا هاتوون، بەشێك لە زانایانی تەفسیر لەسەر مانای ئەم پیتانە قسەیان کردوەو زۆر شتیان باس کردوە، بۆ نمونە هەندێك وتویانە: کە (الف) بە واتای ﷲ یە، (لام) جبرائیل، وە (میم) محمدە ﷺ . هەندێکی تریان دەڵێن: وشەیەکە بۆ ئاگادار کردنەوە، وە چەندین رای تریش هەیە، بەڵام ئەمانە هەمویان راو بۆچونەو هیچ کامیان سەنەدێکی راست‌و دروستیان لەسەر نییە. زۆربەی زانایان پێیان وایە کە ئەمە موتەشابیهەو واتاکەی نەزانراوە کە ئەمە پەسەندترین رێگایە بۆ خۆپاراستن لە چونەناو موتەشابیهاتەوەو خۆ دورگرتنە لە بڕیاردان لەسەر قورئان بە بێ بەڵگە، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕمان وایە کە پەروەردگار بێهودە ئەمەی رەوانە نەکردوە، بەڵکو لە روی حیکمەت‌و زانیاییەوە بوە.

کاتێك کە لە سورەتی ئەعرافدا کە بە ﴿ الٓمٓصٓ ﴾ دەست پێدەکات دەبینین کە وشەی ﴿ بَسْطَةً ﴾ کە لە ئەصڵدا بە (سین)ە بە ﴿ بَصْۜطَةً ﴾ الأعراف: ٦٩ واتە (صاد) نوسراوە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە سەرنجی باوەڕدار رابکێشێت بۆ ئەم پیتەو پیتەکانی دیکە کە بە شێوەی جیاجیا لە سەرەتای سورەتەکە هاتون، یان هەروەك دەبینین لە هەموی قورئان کاتێك کە باسی گەلی لوت دەکات بە ﴿ قَوْمُ لُوطٍ ﴾ ناویان دەبات، بەڵام لە سورەتی قاف کە بە ﴿ قٓ ۚ وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْمَجِيدِ ﴾ دەست پێدەکات گەلەکەی لوت بە ﴿ وَإِخْوَٰنُ لُوطٍ ﴾ ناودەبات، کە ئەمەش بەراستی سرنج راکێشە.

یەکێك لە موعجیزە سەرسوڕ هێنەرانەکانە سەبارەت بەم پیتانە ئەوەیە ژمارەی دوو پات بونەوەی هەرکام لەم پیتانە لە سورەتەکانیان دا لە سەر نۆزدە بە بێ ماوە دابەش دەکرێن واتە لێدراوێکن لە ژمارەی نۆزدە، وە هەر خواش زاناترە. ئەمە بزانە بۆ تەواوی ئەو پیتانەی کە لەسەرەتای هەندێك لەسورەتەکانی قورئانەوە هاتون.

(٢) ئەم کتێبە بەرزو بەنرخە لەراستی‌و تەواوی دا هیچ گومانێك تێدا نیە بەڵکو هەمو زانیاری‌و علمێکی تەواوو راستەو رێپیشاندەرە بۆ پارێزکاران.

وشەی ﴿ ذَٰلِكَ ﴾ واتە ئەوە، ئیشارتێکە بۆ دور بەڵام ئەگەر بۆشتێکی نزیك بەکارچو ئەوە مانای گەورەی‌و رێز دەگەیەنێت وەك لێرەدا لەباتی ئەوەی کە (هذا) بەکاربێنێت بڵێت ئەم کتێبە وتراوە ﴿ ذَٰلِكَ ﴾ ئەو کتێبە.

جارێکیان ئیمامی عومەر. خوالێی رازی بێت ـ پرسیاری کرد لە ئوبەیەی کوڕی کەعب، کە تەقوا چیە؟ وتی: ئەگەر بڕۆی بە ناو شوێنێکدا کەهەموی دڕك‌و داڵ بێت چی دەکەی؟ فەرموی: جل وبەرگەکەم هەڵ دەکەم‌و خۆمی لێ دەپارێزم، وە زۆر بە وریاییەوە دەڕۆم تا لێی تێدەپەڕم، وتی: ئەوە تەقوایە، واتە: وریای خۆت بەو خۆت بپارێزە لە گوناح‌و خۆت تاوانبار نەکەیت.

لە ئیمای عەلیەوە هاتوە کە لەبارەی تەقواوە پرسیاری لێکرا جا وتویەتی: {هيَ الْخَوفُ مِن الْجَليلِ وَالعَملُ بِالتَنْزِيلِ وَالقَناعةُ بِالقَليل والإستِعدادُ لِيومِ الرَّحيلِ/ تەقوا ترسان لە خاوەن شکۆو ئیش کردن بەقورئان‌و رازی بون بەکەم‌و خۆ حازر کردن بۆ مردنە}

لەم ئایەتەدا بۆچی فەرموی بۆ موتەقیان خۆ ئەم قورئانە رێپیشاندەرە بۆ هەموو خەڵك؟ چونکە تەنها مرۆڤی لە خوا ترس سوودی لێ وەردەگرێ‌و دەگاتە پلەی خۆشبەختی‌و کامەرانی هەردوو ژیان وەك ئەوەی کەهەر بۆئەوهاتبێ وایە، جا بۆ بێ‌باوەڕانیش دەبێت بە هۆی نەمانی بیانویان لە رۆژی قیامەتدا. ئینجا وەسفی پارێزکاران دەکات و دەفەرموێ:

(٣) موتەقی کەسانێکن کەباوەڕیان بە هەمو ئەو شتە نهێنیانە هەیە کە خواو پێغەمبەرەکەی باسیان کردوە، وە بەرێك و پێکی نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن‌و بەردەوامن لەسەریان‌و لەوەی کە پێمان داون دەیبەخشن.

مەبەست لە شتە نهێنیەکان لە سەروی هەمویانەوە زاتی خوا خۆیەتی‌و لە پاش ئەو قیامەت‌و زیندوو بونەوەو حەشرو پردی سیرات‌و ئاگری جەهەنەم‌و بەهەشت‌و

فریشتەكانە كەئەوانە هەموویان غەیبن‌و لەبەرچاومان نین، تەنانەت پێغەمبەریش ﷺ ئێستا بۆ ئێمە غەیبە، بەڵام بۆ سەحابەكان غەیب نەبوو، هەر لەسەر ئەوەیەكە پێغەمبەری خوا ﷺ بەیارەكانی دەفەرموێ: {وَدِدْتُ أَنِّي لَقِيتُ إِخْوَانِي فَقَالَ أَصحَابُهُ أَوَلَيسَ نَحنُ إِخْوَانَكَ قَالَ أَنتُمْ أَصْحَابِي وَلكن إِخْوَانِي الَّذِينَ آمَنُوا بِي وَلَمْ يَرَونِي/ أحمد وغيره، صححه الألباني/ زۆرم پێ‌خۆشە كە براكانم ببینم، یارەكانی وتیان: ئەی ئێمە برای تۆ نیین، فەرمووی: ئێوە رەفیق‌و یاری منن، بەڵام براكانم ئەو كەسانەن كە لە دوای ئێوە دێن‌و ئیمانم پێ دێنن، لەحاڵێكدا كە ئەوان منیان نەدیوە}

وشەی ﴿بِٱلْغَيْبِ﴾ لێرەدا بە تاك وتراوە نەك بەكۆ بەڵام (أَلْ) مانای كۆ دەگەیەنێت واتە هەمو نهێنیەك كە باسكراوە بۆیان، وە ئەو موتەقیانە كە باوەڕیان بە نهێنیەكان هەیە.

ئەو موتەقیانە نوێژەكانیان بەرێك‌وپێكی دەكەن، كە بەو شێوەیە پەیوەندی بەینی خۆیان‌و خوای خۆیان دروست دەكەن، فەرموی ﴿وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ وشەی (الإقامة) كە بەردەوامیش دەگەیەنێت واتە هەڵسان بەو شتەی كە نوێژ داوای دەكات، دیارە نوێژ داوا لە مرۆڤ دەكات، پێشەكی پاك‌و خاوێنی بیروباوەڕو جێگاو پۆشاك‌و پاك‌و خاوێنی لەش لەلەش پیسی‌و بێ دەست نوێژی، وە داوای لێ دەكات كەدڵ‌و دەست‌و دەم پاك و دور لە هەموو خراپەو فەسادیەك بێت، وەك لە سورەتی عەنكەبوتدا دەفەرموێ: ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ /العنكبوت: ٤٥ / نوێژ بە رێك‌و پێكی بخوێنە، بەراستی نوێژ بەرگری دەكات لە داوێن پیسی‌و خراپە﴾

وە دەبێ نوێژەكانی بە رێك‌و پێكی بكات‌و بە رەوانی بیخوێنێت‌و بە سوجدەو ركوعێكی تێروتەواو، چونكە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {لَا تُجْزِئُ صَلَاةٌ لَا يُقِيمُ الرَّجُلُ فِيهَا صُلْبَهُ فِي الرُّكُوعِ وَالسُّجُودِ/النسائي، صححه الألباني/ بێكەڵكە نوێژێك كە لە ركوع‌و سوجوددا پیاو پشتی راست نەكاتەوەو ئارام نەگرێت}و تەحیاتێكی رێك‌و پێك‌و سەلام دانەوەیەكی جوان. ئەمە پێی دەوترێت (إقامة الصلاة) ئەگینا (أداء)ی صەلاتمان كردوە. ئینجا دەفەرموێ: وە لەوەی كە ئێمە پێمان داون دەبەخشن. وە ئەمە دوو بەشە یەكەم ئەوەیە كە باوەڕدار پێی وایە هەرچی هەیە پەروەردگار پێی داوەو ئەمانەتێكە لای ئەو، بەشی دووهەمی ئەوەیە كە باوەڕدار لە وەی كە پێی دراوە كەسانی تر لەبیر نەكات، وە ئەمەش بۆ پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدایە. وە لە هەمو كردارێكی چاكدا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوای گەورە هەیە چونكە ئەنجامدانی فرمانێكی ئەو زاتەیە هەروەك لە نوێژدا ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾ تێت دەگەیەنێ كە تۆ تەنها بۆ خۆت نیت، بەڵكو بۆخۆت‌و كۆمەڵی موسڵمانانیت،

جا پێویستە لێرەدا سرنج لە بەخشین بكەین، موسڵمانان با بزانن ئەوەی لەم سەر زەوییەدایە هەموی بەندەی خودان‌و ئەو رزق‌و رۆزیەش كە هەیە هەموی موڵكی خوایەو ئەودەیدات‌و بەئەندازەی پێویستی بەندەكانیشی رۆزی دەنێرێت، پاشان خوای گەورە لە بەر ئەو بەرژەوەندیەی كە خۆی دەیزانێت هەندێك دەوڵەمەندو هەندێك هەژار دەكات، كە ئەمە هەردووكیان بۆ تاقی كردنەوەی هەردوو لایە، نە هەژاری‌و نە دەوڵەمەندی نیشانەی خۆشەویستی یان رق لێ بونەوەنیە، كابرای دەوڵەمەند دەبێ بزانێ ئەو شتەی كە پێێ دراوە هەرهی خۆی نیە، بەڵكو بەشێكی خەڵكی تێدایەو وەك ئەمانەتێكە لەلای ئەو، جا دەبێ بزانێت كە چی بەو سەرمایەی خۆی دەكات‌و چۆن و چەند و بەكێی دەبەخشێت چونكە ئەو پرسیاری لێ دەكرێت وەك پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {لاَ تَزُولُ قَدَمَا الْعَبْدِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ، عَنْ أَرْبَعِ خِصَالٍ : عَنْ جَسَدِهِ فِيمَا أَبْلاَهُ، وَعَنْ عُمُرِهِ فِيمَا أَفْنَاهُ، وَعَنْ مَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَا أَنْفَقَهُ، /الطبراني،صححه الالباني/لە رۆژی قیامەتدا بەندە لەشوێنی خۆی ناجوڵێت تا لەبارەی چوار شت پرسیاری لێ نەكەن: لەبارەی جەستەی كە لە چی دا لەناوی برد، لەبارەی عومری كە لەچیدا تەواوی كرد، لەبارەی ماڵ وسامانیەوە كەلەكوێوە بەدستی هێناوەو لە چیدا بەكاری هێناوە}

هەروەها دەفەرموێ: {تَصَدَّقُوا فَإِنَّهُ يَأْتِي عَلَيْكُمْ زَمَانٌ يَمْشِي الرَّجُلُ بِصَدَقَتِهِ فَلَا يَجِدُ مَنْ يَقْبَلُهَا يَقُولُ الرَّجُلُ لَوْ جِئْتَ بِهَا بِالْأَمْسِ لَقَبِلْتُهَا فَأَمَّا الْيَوْمَ فَلَا حَاجَةَ لِي بِهَا /البخاري/ ماڵ

ببەخشن جا بەراستی کاتێك دێت کە پیاو بەو ماڵەی کە دەیەوێت ببیەخشێت دەکەوێتە رێ بەڵام کەسێکی دەست ناکەوێت کەپێی بدات، جا پیاوو پێی دەڵێت ئەگەر دوێنێ بتهێنایا ئەوە وەرم دەگرت بەڵام ئەمرۆ پێویستم پێی نییە.}

هەروەها فەقیریش بۆ تاقی کرنەوەیە تا دەرکەوێت ئایا مرۆڤ لەو حاڵەتەدا ئارام دەگرێت یان نە. ئایا بۆ بەدەست هێنانی ماڵو سامان رو لە هەرشوێنێك دەکاتو هەر رێگەیەك لەبەردەگرێت بە بێ ئەوەی رەزامەندی ﷲ رەچاو بکاتو بزانێت ئایا ئەوە حلاڵە بۆی یان نە؟ ئینجا ئالێرەدا پێویستە موسڵمانان بزانن کە برای یەکترنو بزانن کە ئەگەر دەوڵەمەندنو لە بەشی خۆیان زیاتریان هەیە داوایان لێکراوە کە هەندێکی لێ بگەڕێننەوە بۆ ئەوانەی خوارەوەی خۆیان لە هەژاروکەم دەستان تەنانەت مێوانیش بەشی خۆی هەیە، جا ئەو کاتە ئێمە دەتوانین بە رێكو پێکی لەم دنیادا ژیان ببەینە سەر و ئەوکاتە هەرگیز فەقیر حەز ناکات کە ئەو دەوڵەمەندە زیانی لێ بکەوێت، خۆ ئەگەر چاوی لێ بو کە زیانێك روی تێبکات فەقیرەکە لە لایەن خۆیەوە ئەگەر لە دەستی بێت پارێزگاری لێ دەکات چونکە ئەوەی کە لەلای ئەو دەوڵەمەندەیە بەشی خۆیشی تێدایە وهیچ کەسیش حەز بە زیانی خۆی ناکات، جا بە پێچەوانەوە وەکو ئەمڕۆ کە دەبینین دەوڵەمەند کە هەر بۆ خۆی کۆدەکاتەوەو لافی پێ لێ دەدات بە سەر خەڵکدا، هەژارەکەش نەك هەر بەو زیانە رازیە، بەڵکو حەز دەکات دە بەرامبەر زیان بکات، بۆ؟ چونکە دەڵێ راستە ماڵی خۆیەتی، بەڵام بەو ماڵە لوت بەرز بووە بە سەرمانداو بەشێکی ئێمەی هەژاری تێدا نیەو خۆی لە برایەتی موسڵمانان دزیوەتەوەو ئێمەش بە چاوی برایانەوە تەماشای ناکەینو حەزیش بە زیانی دەکەین کە ئەمەش رقو کینە زیاتر دەکات، بەڵێ خوای گەورە تێمان دەگەینێ کە ئەمە هەموی موڵکی خوایەو هەموو تێیدا شەریکینو تێمان دەگەیەنێ کە هەمومان برای یەکترین، وە تێمان دەگەیەنێت کە ئەو ماڵەی هەتە دەبێ بەشێکی بگەڕێنیتەوە بۆ خواروی خۆت کە هەژارەکانە.

کە ئەمە سێ سیفەتی مرۆڤی موتەقی بو، ئیقامەی سەلات، ئیمان بە غەیب، نەفەقە دان لە رێگای خوادا. ئینجاسێ سیفەتی تری ئەوانمان بۆباس دەکاتودەفەرموێ:

(٤) وە ئەو کەسانەن کەباوەڕ یان هەیە بەوەی کە رەوانەکراوەتە لای تۆ ئەی محمد ﷺ کە قورئانە، وە باوەڕیان هەیە بەوەی کە رەوانە کراوە لە پێش تۆدا وەك تەوراتو ئینجیلو زەبوورو سوحوف کە موسڵمانان باوەڕیان بە هەمویان هەیەو ئەوان بە هاتنی رۆژی قیامەت یەقینیان هەیە.

ئەوانە دەزانن کە بێگومان قیامەت دێت، وەحیسابیان لەگەڵدا دەکرێت، جا ئەو غەیبەی کە لە پێشەوە باسمان کرد ئەگەر مانای گشتی بێت ئەمە پێ دەوترێت تایبەت چونکە قیامەت یەکێکە لەو شتە شاراوانە. واتە (التخصیص بعد التعمیم) لە دوای ئەوەی کە زانیمان یەکێك لە غەیبەکان ئیمان بە قیامەتە، لێرەدا دووبارە باسی کردەوە بۆ ئەوەی کە بزانین بابەتەکە گرنگە، ئەم باوەڕە بە راستی مرۆڤ دەگێڕێتەوە لە تاوانو لە هەڵەو لە خراپە بە راستی دوو شت زۆرکاریگەرن لە ژیانی مرۆڤدا ئەوانیش:

یەکەمیان: باوەڕ بونە بە خوای تاكوتەنها، تواناو ئاگا، زاناودانا، بیسەرو بینەرو گەورەو دادپەروەر کە هیچی لا ون نابێتو زوڵمیش لەکەس ناکات

دووهەمیان: باوەڕ بونە بە هاتنی قیامەت کە حیسابی لەگەڵدەکرێت، کەگرنگترین پاڵنەری مرۆڤە بۆ چاکەکاریو دورکەوتنەوە لە خراپە، جا ئەوکەسانەی کە ئەم پێنج سیفەتانەیان تێدا بێت ئەمانە لە پارێزکارانن.

(٥) ئەمانە ئیتر کەو تونەتە سەر رێگای هیدایەتو لەسەر شەقامی راستەقینەی دینی خودان، جا بە راستی ئەمانە هەر خۆیان سەرکەوتوو رزگارن.

واتە ئەوانەی تەقواو باوەڕ بە هەمو ئەو شتانەی کە پێغەمبەرﷺ پێی راگەیاندونو کردەوی چاكو باوەڕدار بون بە هەمو پێغەمبەرانی پێشو هەموی لە خۆدا کۆ کردوەتەوە ئەواونە سەرکەوتون، وشە(فلاح) واتە گەشتن بەو شتەی کە هەوڵیان بوداوەو رزگار بون لەوەی کە خۆیان لێدەپاراست.

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا
يُؤۡمِنُونَ ﴿٦﴾ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَعَلَىٰ سَمۡعِهِمۡۖ وَعَلَىٰٓ
أَبۡصَٰرِهِمۡ غِشَٰوَةٞۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿٧﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ
مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَمَا هُم بِمُؤۡمِنِينَ ﴿٨﴾
يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَمَا يَخۡدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡ
وَمَا يَشۡعُرُونَ ﴿٩﴾ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضٗاۖ
وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡذِبُونَ ﴿١٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ
لَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ قَالُوٓاْ إِنَّمَا نَحۡنُ مُصۡلِحُونَ ﴿١١﴾
أَلَآ إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلۡمُفۡسِدُونَ وَلَٰكِن لَّا يَشۡعُرُونَ ﴿١٢﴾ وَإِذَا قِيلَ
لَهُمۡ ءَامِنُواْ كَمَآ ءَامَنَ ٱلنَّاسُ قَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ كَمَآ ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُۗ
أَلَآ إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلسُّفَهَآءُ وَلَٰكِن لَّا يَعۡلَمُونَ ﴿١٣﴾ وَإِذَا لَقُواْ
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوۡاْ إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمۡ قَالُوٓاْ إِنَّا
مَعَكُمۡ إِنَّمَا نَحۡنُ مُسۡتَهۡزِءُونَ ﴿١٤﴾ ٱللَّهُ يَسۡتَهۡزِئُ بِهِمۡ وَيَمُدُّهُمۡ فِي
طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ﴿١٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلضَّلَٰلَةَ
بِٱلۡهُدَىٰ فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمۡ وَمَا كَانُواْ مُهۡتَدِينَ ﴿١٦﴾

بزانه كه بەرەی مرۆڤو جنوكه یان كافرنو بۆ هەمیشەی لەناو جەهەننم وە یان باوەڕدانو بۆ هەمیشە لەناو بەهەشتدان وەك ﷻ دەفەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ فَمِنكُمۡ كَافِرٞ وَمِنكُم مُّؤۡمِنٞۚ /التغابن: ٢/ ئەو زاتەی كە دروستی كردون جا هەندێكتان بێباوەڕەو هەندێكیشان باوەڕدارە﴾

جا لێرەداش پاش باس كردنی خواناسان دەجێتە سەر باسی كافرەكانو پاشان دووروەكان كەئەوانیش كافرانێكن كە خۆیان بە باوەڕدار پیشانی موسڵمانان دەدەن، جا موسڵمان چونكە ناتوانێت ئاگای لەناو دڵەكان هەبێت ئەوەی كە خۆی بە موسڵمان پیشانداو نوێژی دەكرد ئەوا وەك موسڵمانێك لەگەلیدا هەڵسوكەوت دەكات، بەڵام ﷻ ئاگای لە دڵەكان هەیە جا ئەوەی دوور بێت پەروەردگار لە ریزی كافرن حیسابیان دەكاتو بەهەشتان لێ قەدەغەدەكاتو دەیانخاتە ناو قوڵترین شوینی جەهەننمەوە.

بەڵێ ئایەتانی پێشو باسی خواناسان بو، ئینجا باسی بەشێكی تر دەكات كە بە پێچەوانەی خواناسان رێگای هیدایەتو سەركەوتنیان نەگرتوتەبەرو دەڵەكانیان

ئەوەندە رەش بوتەوە كە تەنانەت قسەی پێغەمبەریش ﷺ ئیشی لێ ناكات جا دەفەرموێ:

﴿٦﴾ بێگومان ئەوكەسانەی كە كافرو بێ باوەڕن یەكسانە لایان بیانترسێنی یان نەیانترسێنی ئیمان ناهێنن.

ئەم ئایەتە هەروەك زانایان وتویانە: هَي عَامَةٌ وَمَعْنَاهَا الْخُصُوصُ فِيمَنْ حَقَّتْ عَلَيهِ كَلِمَةُ الْعَذَابِ " واتە: ئەم ئایەتە شێوازێكی گشتی هەیە كە مەبەستەكەی تایبەتە بەوانەی كە بڕیاری سزایان دراوەو بە كافری دەمرن، وە مەبەستی ئەوانە نییە كە بۆ ماوەیەك لەسەر كوفردا بوون، بەڵام پاشان رێی راستیان گرتوەتەبەرو لەسەر ئەو ئیمانەش مردون، وشەی كوفر بە مانای داپۆشاندنو شاردنەوە دێت واتە "السَّتر والتَغْطِيَة". ئەوسا هەركەسێك شتێك بشارێتەوە ئەوە پێی دەوترێت " كافر" واتە داپۆشەر جا هەربۆیە بە جوتیار كە دانەوێڵە لە ناو زەوی دەشارێتەوە دەوترێت " كافر" وەك لە سورەتی "حەدید" دا هاتوە كە دەفەرموێ: ﴿كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ /الحديد: ٢٠/ وەك بارانێك وایە كە گژوگیا سەوزبوەكانی جوتیار شادمان بكات﴾

جا هەر بۆیە بە مرۆڤی بێ باوەڕ دەڵێن " كافر" چونكە ئەو هەمو نیشانەو نیعمەتانەی پەروەردگار كە بەڵگەن لەسەر یەكتایو دەسەڵاتداری ئەو زاتە پشتیان تێدەكاتو دەیشارێتەوە، بەڵام وشەی " الكفر" بە مانای شەرعی واتە دژو لەبەین بەری ئیمان كە بریتیە لە كافربوون بە ﷻ و بە نیعمەتەكانی، وە ئەمەش دەكرێت بە دوبەشەوە:

یەكەم: كوفری بچوك (الكفر الأصغر) كە بە كوفری نیعمەت یان " كفر دون كفر" یش دەناسرێت بریتیە: لەو گوناحە گەورانە كە بەهۆی ئەوانەوە كابرا تاوانبار دەبێت، بەڵام لە بازنەی ئیمان دەرناچێت، لە دنیادا وەك باوەڕدارێكی تاوانبار هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكرێت،وە لە دوارۆژیشدا لە ژێر ویستی پەروەردگار دایە یان دەیبەخشێت یان تۆڵەی ئەوەی لێدەكاتەوە، بەڵام سەرئەنجامیان هەر چونە بەهەشتە، ئەم گوناحە گەورانە بە هۆی ئەوەی كە رێگایەكن بۆ توش بونی كوفری گەورە لە وتەكانی شەرعدا بە كوفر ناوبراون وەك پێغەمبەر ﷺ

دەفەرموێ: {سِبَابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ وَقِتَالُهُ كُفْرٌ/ مسلم/ قسەوتن به موسڵمان تاوانەو شەڕکردن لەگەڵیدا کوفرە}

دووهەم: کوفری گەورەیە (الكفر الأكبر) کە بە هۆی ئەوەوە کابرا لە بازنەی ئیمان دەردەچێتو بە کافر دەناسرێتو لە دنیاشدا وەك کافرێك هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێتو لە دوارۆژیشدا بۆ هەتا هەتایی لە ناو دۆزەخ دا دەمێنێتەوە، کە ئەمانەش یان هەر لە ئەوەڵەوە کافربون (الكافر الأصلي) یان لە دوای ئیمان پاشگەزبونەتەوە لە ئیمانو تووشی ئەم کوفرە هاتوون(المرتد)،

کوفری گەورە دەکرێت بە چەند بەشەوە وەك:

کوفری سەرکەشانە (الكفر العنادي) کە ئەو کەسەیە کە راستیو حەقی بۆ دەرکەوتوە، بەڵام بەهۆی سەرکەشیەوە دان بەو راستیەدا نانێت،

کوفری دان پێدانەنان (الكفر الإنكاري) ئەو کەسەی کە بە دڵو زمان ئینکاری پەروەردگار یان دوارۆژ دەکات وەك مادەپەرستان (الشیوعیون).

کوفری خۆبەزلزانی (كفر الكبر) کە ئەمەش وەك کوفری عیناد وایە بەڵام هۆکاری ئەو عینادە، ئەم خۆ بەزلزانینە، وەك کوفری شەیتان.

کوفری نیفاق (كفر النفاق) ئەوکەسانەن کە کوفریان لە دڵدا شاردوەتەوەو بەزمان دان بەراستی ئیسلامو ئایین دا دەنێن، ئەمە بە نیفاقی باوەڕیش (النفاق الاعتقادي) دەناسرێت، ئەمانە ئەگەرچی لە دنیادا تا ئەو کاتەی کە کوفرەکەیان دەرنەکەوتوە وەك موسڵمان لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکرێت، بەڵام لە دوارۆژدا قوڵترین جێگای دۆزەخ ماڵیانە، کوفری بە درۆخستنەوەو حەڵاڵ کردنی حەرامو حەرام کردنی حەڵاڵ (كفر التكذيب و الاستحلال) جاچونکە ئەمانە خۆیان ڕێگای کفریان هەڵبژاردوەو دژایەتی خواو پێغەمبەریان ﷺ کردوەو لە بەر ئەوە خوای گەورە،

(٧) مۆری ناوە بە سەر دڵیاندا وبە سەر ئەندامی بیستنیاندا وە بە سەر چاوەکانیانەوە پەردەیەکی گەورەو ئەستوور هەیە، کە راستی نابینن‌و بۆ ئەوان سزایەکی پڕ ئێش‌وئازار هەیە، دڵی مرۆڤی بێ باوەڕ سێ جۆرە (رَان، طَبع وخَتم، قُفل) ران: ئەوەیە کە مرۆڤ گوناح دەکات جا کەم کەمو ئەم گوناهانە دەبن بە پەڵەیەکی رەش لەسەر دڵی گوناحکارەوە تا وای لێ دێت کە بە تەواوی دڵی دادەپۆشێ ئیتر هیچ قسەیەکی چاك نابیسێت وەك دەفەرموێ: ﴿نەخێر وانیە بەڵکو رەشایی کردارەکانی خۆیان دڵی داپۆشیون﴾موتەففین/١٤

دڵ وەك ئاوێنەیەکە چۆن ژەنگ دەیگرێت و کەم کەم وای لێ دێت هەرچی تەماشای بکەیت هیچ نابینیت ئاوایەو بە گوناح رەش دەبێتەوەو قسەی خێرنابیسێت، پلەی لەوە گەورەترو بە زەحمەت تر (طَبع، ختم)ـە کە ئەگەر هاتو هەر خراپەی کردو بەردەوام بوو لەسەر تاوان مۆرێکی پێ دادەنرێت وەکو چۆن نامەیەك دەنوسیو پاشان مۆری دەکەیت واتە تازە تەواو بوو شتێکی تری نادرێتە دەم، پلەی سێهەم قوفڵ دەکرێتو دادەخرێتو ئومێدی کردنەوەی نامێنێت، جا ئیتر نە ژیریان کار دەکاتو نە گوێکانیان راستیو حەقیقەت دەبیسێت، جا کەئەم هەمو حەقەیان بۆ باس دەکرێت، وەئەو هەمو ئاسارە گەورەیە دەبینن، بەڵام پەردە بە سەر چاویانەوەیەو راستیەکان وەك خۆی نابینن، ئەوە نەبێ کە ئەمانە چاویان کوێر بێت، بەڵام ئەو دڵەی کە لە ناوەوەیە ئەوە کوێر بووە، نە چاوی سەرو نەعەقڵی دنیایان. کاتێ کە شتەکان دەبینێ بیری لێ ناکاتەوەو پەندی لێ وەرناگرێت وەك مرۆڤی کوێر وایە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە یەکێك لە بنەماکانی باوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعەت ئەوەیە کە: (الْإِيمانُ قَوْلٌ وعَمَلٌ يَزِيدُ بِالطَّاعَةِ وَيَنْقُصُ بِالْمَعْصِيَةِ) واتە: ئیمان باوەڕکردن‌ودان پێدا نانی دڵەو وتەو کردارەکە بەچاکە زۆر دەبێتو بە تاوان کەم دەکاتەوە، جا وتە ج دەرونی بێت کە بەراست زانین‌و باوەڕکردنە لەدڵەوە بەبنەماکانی ئایین‌و بەچاکی سەقامگیر بونیەتی، وتەی زمانی کە دان نانە بەو بنەما سەرەکیانەو ئاشکراکردنی. کرداریش ج دەرونی بێت کەهەمو ئەو عیبادەتانە دەگرێتەوە کە جێگایان دڵ‌ودەرونە وەك ئیخلاس‌و خۆشەویستی‌و ترس‌و ئومێدو...هتد، وەکرداری رواڵەتی ئەوکردەوانەیە کە بەئەندامەکانی لەش دەکرێن، وە ئەمە

واتای ئیمانه لەلای ئەهلی سونەتو جەماعەت کە ئیمامی شافعی لە کتێبی "الأُم" باس لە ئیجماعی سەلەف دەکات لەسەر ئەمانەو دەڵێت: (كانَ الإجمَاعُ مِن الصَّحابَةِ والتَّابِعينَ مِنْ بَعْدِهِم، وَمَنْ أَدْرَكْنَاهُم يَقُولونَ: الإيمانُ قَولٌ وَعَمَلٌ وَنِيَّةٌ، لا يُجْزِي وَاحدٌ مِنَ الثَّلاثِ إلا بِالآخِرِ) واتە: ئیمان وتەو کردارو نییەتە کە هیچکامیان بێ ئەوی تریان دروست نیە) جا ئەگەر هاتو کەسێك لە ناخی دا باوەڕی بە ﷲ و ئایینو ڕاستی پێغەمبەران بوو بەڵام ئامادە نەبو کە بە زمانو کردەوە بیسەلمێنێت ئەوە پێی ناوترێت باوەڕدار (المؤمن)، ئەگەر هەر باوەڕی دەرونیو ئەو زانینە بەس بوایە زۆربەی کافران دەبوایە بە باوەڕدار دابنرایانە خۆ دەیانوت﴿ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ / الزمر: ٣ / ئێمە ئەوانە هەر لەبەر ئەوەدەپەرستین تاله خوامانەوە نزیك بکەنەوە ﴾ ئەگەر وتەی ڕواڵەتی بێکردار بەس بوایە دەبوایە فرعونو شەیتانیش بە باوەڕدار حیسابیان بۆ بکرایە، ﷲ لە بارەی فیرعەونەوە دەفەرموێ:﴿ قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِيٓ ءَامَنَتۡ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَأَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ /یونس: ٩٠ / وتی: بێگومان کەمن باوەڕم بوە کەهیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لەوکەسەی کە نەوەی یەعقوب باوەڕیان پێی بوەو من لەموسڵمانانم ﴾ لێرەدا بەزمان دانی نا بە تەنهایی خوادا جا ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەفیرعەون خۆیو دەوروبەرەکەشی لە دڵەوە خوایان ناسیوە بەشایەتی ﷲ خۆی وەك دەفەرموێ: ﴿ وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ /النمل: ١٤ / بە هۆی زوڵمو خۆ بە زلزانی ئینکاری نیشانەکانیان کرد لەحاڵێکدا بە تەواوی دەیانزانی کە ئەو پەیامەی موسا ڕاستە ﴾

وە یان شەیتان باوەڕی بە بوونو دەسەڵاتداری ﷲ و هەروەها بەهەشتو جەهەنەمو ڕۆژی دوایی هەیە، باوەڕی هەیە کە بەدیهێنەری ئەو هەمو مەخلوقاتە ﷲ یە جا بۆیە داوا لە خوا دەکات کەجارێ نەیکوژێت وەك لە سورەتی (صاد) دەفەرموێ: ﴿ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ٧٩ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ٨٠ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ ٨١ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ٨٢ / ص: ٧٩ - ٨٢ / واتە شەیتان وتی: ئەی پەروەردگارم! ماوەم پێبدە تا ڕۆژی زیندوکردنەوە! ﷲ فەرموی: جادڵنیابە ئەوە تۆ لەماوە پێدراوانی، هەتا کاتی ڕۆژی زانراو، شەیتان وتی: جا سوێند بە عیزەتی تۆ سەر لە هەمویان دەشاوێنم ﴾ وەیان لە بارەی ئەهلی کتێب دا لە سورەتی (ئەنعام) دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمُۘ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ /الأنعام: ٢٠ / ئەوانەی کە کتێبمان پێدان پێغەمبەریان ﷺ دەناسی هەروەك چۆن منداڵانی خۆیان دەناسی هەر خۆیانن کە زیانیان لەخۆیان داوەو باوەڕ ناهێنن ﴾

دیارە کە ناسین و باوەڕێکی دەرونی بە بێ کردەوە سودێکی بۆ خاوەنەکەی نییەو ئەوانەی کە ئیدعای خۆشەویستی خواو پێغەمبەرﷺ دەکەن جا هەرکات پێیان دەوترێت ئەی کواکردارتان؟ دەڵێن: خوا تەماشای دەرون دەکاتو ڕواڵەت گرنگ نییە، بەڕاستی زۆر بە هەڵەدا چوون، بەڵێ ڕاستە ﷲ بۆ وەرگرتنی کردەوەکان تەماشای نییەتو دڵەکان دەکات کە سەرچاوەو فرماندەی کردەوە ڕواڵەتیەکانن، جا بۆیە پێغەمبەر ﷺدەفەرموێ: {أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ/متفق علیه/ ئاگاداربن کە لە لەشدا پارچە گۆشتێك هەیە کە ئەگەر چاك بو هەمو لەش چاك دەبێت، وە ئەگەر فاسیدو خراپ بو هەمو لەش خراپ دەبێت ئاگاداربن کە ئەوە دڵە}

دەبێت ئەوەش بزانرێت هەندێك پێیان وایە کردەوە مەرجێك نیە بۆ ڕاستی ئیمان، بەڵکو مەرجێکە بۆ تەواو بوونی ئیمان واتە پێیان وایە کە ئەگەر کەسێك لە هەمو کردەوەکان وازبهێنیت مادام باوەڕی دەرونی هەیە یان بە زمان ئیعتراف بکات ئەوە باوەڕدارە، بەڵام ئیمانەکەی تەواوو کامڵ نییە؛ هەندێکیش پێیان وایە کە کردارەکان هەمویان مەرجن بۆ ڕاستی ئیمان، ئەمانەپێیان وایە ئەگەر یەك کردەوە وازلێبهێنرێت ئەوا کابرا کافر دەبێتو بەباوەڕدار حیساب ناکرێت وەك بیروبۆچونی "خەوارج" بەڵام بیروبۆچونی وەسەتو حەق بۆچونی ئەهلی سونەو جەماعەتە کە لە قورئانو سونەت وەرگیراوە ئەوەیە کە

هەندێك لە کردارەکان مەرجن بۆ کەماڵو تەواوی ئیمان واتە ئەگەر باوەڕدار تەرکی بکات ئەوە ئیمانەکەی نوقسانیو کەموکووڕی تێدایە بەڵام کافر نابێت وەك داوێن پیسی، ئەگەر هاتو باوەڕدارێك کەباوەڕی بە حەرام بوونی زینا هەبو توشی زینا بو ئەوا کافر نابێت بەڵکو ئیمانەکەی کەم دەکات، بەڵام هەندێ کردار هەن کە مەرجن بۆ راستی ئیمان کە ئەگەر تەرك بکرێن ئەوە پێی کافر دەبێتو لە بازنەی ئیمان دەردەچێت وەك یارمەتی دانی بێ باوەڕ دژ بە باوەڕداران یان وازهێنان لە شەرعو حوکمی (ﷲ)یان تەرکی نوێژ، بەگشتی دەتوانین بڵێین: هەمو کردەوەیەك کە بەجێ هێنانەکەی مەرجە بۆ راستی ئیمان، وازلێ هێنانی کوفرە، وە هەر کردەوەیەکیش وازلێهینانی مەرج بێت بۆ راستی ئیمان، بەجێ هێنانی کوفرە. قبوڵ کردنو رازی بوون بە شەرعی ﷲ مەرجە بۆ راستی ئیمان جا ناڕازی بوونو پشت هەڵکردن لێی کوفرە. پشت هەڵکردنو وازلێهینان لە گاڵتە کردن بە ئایین مەرجە بۆ راستی ئیمان جا گاڵتە کردن بە ئایین کوفرە. لە سیرەتدا هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ کاتی سەرەمەرگی ئەبوتالبی مامی، پێی فەرمو: {قُل لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ أَشْهَدُ لَكَ بِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ قَالَ لَوْلَا أَنْ تُعَيِّرَنِي قُرَيْشٌ يَقُولُونَ إِنَّمَا حَمَلَهُ عَلَى ذَلِكَ الْجَزَعُ لَأَقْرَرْتُ بِهَا عَيْنَكَ /مسلم وغيره/ واتە:ئەی مامی خۆم بڵێ " لا إله إلا الله "رۆژی قیامەت لەسەر ئەوە شایەیت بۆدەدەم، ئەبوتالب وتی: ئەگەر قورەیش نەیان وتایە ئێشو ژانی سەرەمەرگ وای لێکردوە، بەوتنی ئەو وشەیە چاوم رۆشن دەکردیتەوە} ئەگەرچی ئەبوتالب باوەڕی بەراستی پەیامەکەی پێغەمبەرﷺ هەبو بەڵام چونکە بە زمان ئیقراری نەکرد جا هەربۆیە بە باوەڕدار حیساب نەکرا، عەلی کوڕی ئەبوتالب کاتێك کە باوکی مرد چووە خزمەتی پێغەمبەرﷺ و پێی را گەیاند جا پێغەمبەرﷺ فەرموی: {اذْهَبْ فَوَارِهِ فَلَمَّا وَارَيْتُهُ رَجَعْتُ إِلَيْهِ فَقَالَ لِي اغْتَسِلْ /النسائي، صححه الألباني/ بچۆ بیشارەوە جا کاتێ کە شاردمەوە گەڕامەوەلای ئینجا پێی فەرموم: خۆت بشۆرە} ئەبوتالب زۆر پشتگیری دەکرد لە پێغەمبەرﷺ ، وە زۆر خۆشی دەویست جا بۆیە عەباسی مامی پێغەمبەر پرسیاری کردلە پێغەمبەرﷺ کە ئایا ئەبوتالب لە جیاتی ئەو زەحمەتانەی هیچ سودێك وەردەگرێت؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: {نَعَمْ هُوَ فِي ضَحْضَاحٍ مِنْ نَارٍ لَوْلَا أَنَا لَكَانَ فِي الدَّرَكِ الْأَسْفَلِ مِنْ النَّارِ /متفق عليه/ بەڵێ، ئەو لە ناو تەنکە ئاگرێکدایە ئەگەر تکاکاری من نەبوایە لە قوڵترین جێگای ئاگردا دەبو}بە پێچەوانەوە هەندێکیان لە ترسا یان لەبرسا بە زمانو بە رواڵەت خۆیان بە باوەڕدار پیشان دەداو جارجاریش لە غەزاکاندا بەشداریان دەکرد، بەهەمو شێوەیەك هەوڵیان دەدا کەخۆیان بە پیاوچاك پیشانی باوەڕداران بدەن تابەگومانی خۆیان ئابەم شێوەیە بیانخەڵەتێنن لە حاڵێکدا نازانن کە خۆیان خەڵەتاون، جا ئەگەر کردەوەو ئیقراری زمانی بە بێ بونی باوەڕی ناودەرونی بە ئیمان حیساب بکرایە دەبوایە ئەمانە بە باوەڕدار حیسابیان بۆبکرایە، بەڵام ﷲ بە بێ باوەڕ ناویان دەباتو دەفەرموێ: ﴿ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ : ئەوانەباوەڕدارنین﴾

لەم سورەتەدا دوابەدوای باسی کافران دەچێتە سەر باسی موناقق، موناقق چونکە بەرواڵەت موسڵمانە بەئاسانی دەتوانێ لە ناو کۆمەڵی موسڵمانان دا جێگای خۆی بکاتەوەو هەمو رازو نهێنیەکی موسڵمانان بزانێت لە بەر ئەوە مەترسی ئەمانە زۆرترە لە کافرەکان، بۆیە لە چەندین شوێنی قورئاندا وەك سوورەتی (التوبەو المنافقين) بە تەواویو هەندێك لە سوورەتی (النورو النيسا) وچەند جێگای تر ناوبە ناو باسی کردونو روی دزێوی ئەوانی دەرخستوە، وا لەم سوورەتەشدا بە شێوەیەکی رونتر لە سیانزە ئایەتدا باسیان دەکاتو دەفەرموێ:

(٨) خۆهەندێك لە خەڵك دەڵێن کە ئێمە ئیمانمان هێناوە بە ﷲو بە رۆژی دوایو دان بەوەدا دەنێن کەباوەڕدارن، بەڵام ﷲ دەفەرموێ: ئەوانە ئیماندار نین بەڵکو دەزانن کە ﷲ و رۆژی دوایی هەیە جا هەرکاتێ بەو زانینە ئیشیان کرد ئینجا دەبنە باوەڕدار.

لێرەدا پێویستە پێناسەیەکی دووڕو (المنافق) بکەین. دووڕو لە پاش چوونی پێغەمبەرﷺ بۆ مەدینە دروست بون، دووڕو ئەو کەسەیە کە بە رواڵەت چاك بێت وە لە ناو

دەروندا خراپ بێت جا نیفاقی عەقیدەیی هەیە و نیفاقی عەمەلیش هەیە، نیفاقی عەقیدەیی کابرا کافر دەبێت مادام بە عەقیدە باوەڕی بە بنەماکانی ئایین نەبێت، بەڵام بە ڕەواڵەت شتەکان دەکات. بە پێچەوانەی " فسق"و " الظلم" لە قورئاندا هەرکات باس لە نیفاق و مونافیق دەکات مەبەست نیفاقی عەقیدەییە. لە نیفاقی عەمەلی دا کابرا لە دڵیدا باوەڕی هەیە، بەڵام بە کردەوەکان خراپە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلَاثٌ إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ /متفق عليه/ نیشانەی دووڕو سیانن هەرکاتێ قسەبکات درۆ بکات،وەهەرکاتێ بەڵێنی بدات نەیباتەسەر،وەهەرکاتێ کرابەجێگای متمانە خیانەت بکات} ئەگەر کابرا ئەمانەی ئەنجام دا پێی دەڵێین: کرداری دووڕوی ئەنجام داوە، بەڵام نازانرێت دووڕوە یان نە، ئەگەر لە ناو دڵی دا هەر ئاوەها بێت و باوەڕی بەو شتانە نەبێت، ئەوە مونافقی بیرو باوەڕییەو کابرا پێی کافر دەبێت. شوێنی (لای خواروی ئاگری جەهەنەمە) مونافق بەو مانایەی کە وتمان لە مەکە دا نەبوو چونکە ئەوان لە ترسی تۆڵە لێکردنەوە ئاوا دوو ڕوو بون خۆلە مەکەدا موسڵمانان زەحمەت و زۆریان نەبو لە کاتێکدا پێغەمبەرﷺ تەشریفی هێنا بۆ مەدینە و خەڵکی مەدینە ئیمانیان پێ هێنا، وە ئەوس و خەزرەج کە دوو تائیفەی گەورە بوون یارمەتی پێغەمبەریان دەدا پێش تەشریف بردنی پێغەمبەرﷺ بۆ مەدینە، عبدالله کوڕی ئوبەی یەکێك لەوان بوو(ئەوس و خەزرەج) هەردووکیان ئامادە بون کە بیکەن بە قیادەی خۆیان، بەڵام لە کاتێك دا کە مەسەلەی پێغەمبەرو ئیسلام هاتە پێشەوە وازیان لەم مەسەلەیە هێنا، جا لەسەر ئەوە عبدالله ی کوڕی ئوبەی ڕقی لە پێغەمبەر هەڵگرت.

پێغەمبەرﷺ ئاگر بەستی لەگەڵ جولەکەکانی ناوخۆی مەدینەدا هەبوو، بەڵام کە شەڕی بەدر کرا ئیتر ئەم کابرایە ترسی لێ پەیدا بوو، چونکە ئەگەر دوژمنایەتی پێغەمبەریﷺ بکردایە بە ئاشکرا نەدەژیا، ئینجا خۆی و چەند کەسێك لە هاوڕێنەکانی هاتنە ریزی موسڵمانانەوە کە بە سەر زارەکی خۆیان بە ئیماندار پێشان دەدا، بەڵام لە ژێرەوە دژایەتی پێغەمبەریانﷺ دەکرد، ئا لەو کاتەی کە موسڵمانان هێزیان پەیدا کرد مونافقان پەیدا بوون، بەڵام جێگای سەرسوڕمانە ئەمڕۆ تەماشا دەکەین ئێستەکە پێچەوانەیە سەرەڕای ئەوەش کە حوکمی ئیسلامیش بە داخەوە نیە کابرا مونافقە وە بە دەم دەڵێت من موسڵمانم و ئیدعای ئیسلامی دەکات و هەندێ ئیشی ئیسلامیش ئەنجام دەدات، کە چی لە ناو دڵیداو لە ژێرەوە دژایەتی ئیسلام دەکات؟!

بەراستی مانای (موشریك، مونافق، موسڵمان) ئەگەر دیقەتیان لێ بکەین لە سەردەمی پێغەمبەرداﷺ لەگەڵ ئێستا هەرسێکیان گۆڕاون. بۆ نموونە پێشەکی ئیمانداران لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ کاتێ کە قسەیەکی پێ دەوتن، فەرمودەکەیان دەبردو ئیشیان پێ دەکردو ئینجا دەگەڕانەوە کەسی واهەبو کە دوا دەکەوت پێغەمبەرﷺ پرسیاری لێ دەکرد بۆ ئەوەندە دوا کەوتیت؟ وەڵامی دەدایەوە دەیوت: ویستومە ئەو چەند ئایەتەی کە بردوومە کاری پێ بکەم ئینجا بێمەوە بۆ لات، بەڵام بە داخەوە ئێمە ئەو هەموو ئایەتە دەزانین، ئەو هەموو شتە لە بارەی ئیسلامەوە دەزانین وە خۆشمان بە موسڵمان دەزانین بەڵام کامەیە ئیشکردنی ئێمە بەو زانینەی خۆمان؟ کەوا بوو ئێمە لەگەڵ موسڵمانانی پێشوو گۆڕاوین و لە یەك ناچین؟ موشریکەکانی پێشوو کاتێ توشی بەڵاو موسیبەت و نارەحەتی دەبون ئا لەو کاتەدا زۆر بە ئیخلاسەوە ڕوویان دەکردە الله و باوەڕی خۆیان دەگۆڕی و دەیان وت هیچ کەس دەور نابینێت و هیچ کەس بە کەڵك نایەت جگە لە الله هەتا دەگەیشتنە وشکایی جاکاتێ کە دەگەیشتنە خۆشی و ترسیان نەدەما موشریك دەبوون، بەڵام بە داخی گرانەوە ئەمڕۆ موسڵمانان لە کاتی تەنگانەدا خۆیان موشریك دەکەن و هاوار دەکەنە دەیان ناوی غەیری الله. تەواو بە پێچەوانەی موشریکانی کۆن! پەنا بە خوا ﴿كێ هەیە بێجگە لە الله وەڵامی ناچاران بداتەوە هەرکاتێ هاواری لێ بکەن وئەو تەنگ و چەڵەمەیان لەسەرلابات؟﴾ النمل/٦٢،

کابرای دووڕو چونکە حاکمیەتی الله بوو ئەگەر موسڵمانێکی ڕێك و پێك نەبوایە لێیان قەبوڵ نەدەکرد، جا توانای شەڕی نەبوو خۆی بە موسڵمانێکی ڕاست پێشان

دەدا خۆ ئیمڕۆ موسڵمان هیچ دەسەڵاتێکی نیە، کەچی دەبینی کابرا دووڕووەو هەڵسوکەوتی دووڕوانە دەکاتو بە نیفاقێکی ئاشکراو روونەوە جا بۆیە پاش ماوەیەکی کەم کە ئەم دووڕووە نوێیانە سەریان هەڵدا، حوزەیفە‌ رضي الله عنه کە بە "صاحب سرّ رسول الله ﷺ" دەناسرێتو ناوی دووڕووانی دەزانی فەرموی: {إِنَّ الْمُنَافِقِينَ الْيَوْمَ شَرٌّ مِنْهُمْ عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ ﷺ كَانُوا يَوْمَئِذٍ يُسِرُّونَ وَالْيَوْمَ يَجْهَرُونَ /البخاری/ مونافیقەکانی ئەمڕۆ لە مونافیقەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ خراپترن، چونکە ئەوان نیفاقەکەیان دەشاردەوە بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ ئاشکرای دەکەن}

ئەگەرچی ئەو نیفاقە ئاشکرایە بەڵگەیە لەسەر کوفرێکی ئاشکرا جا هەربۆیە ئەو حوزەیفەیە رضي الله عنه دەڵێت: {إِنَّمَا كَانَ النِّفَاقُ عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ ﷺ فَأَمَّا الْيَوْمَ فَإِنَّمَا هُوَ الْكُفْرُ بَعْدَ الْإِيمَانِ/البخاری/ واتە:لەراستیدا نیفاق تەنها لە زەمانی پێغەمبەردا ﷺ بوە بەڵام ئەمڕۆ کافربوونە لە پاش باوەڕدار بوون) چونکە کابرا لە بنەماڵەیەکی موسڵماندا لە دایك بوەو باوەڕدار بوە بەڵام بەو هەڵسوکەوتانە توشی کوفری نیفاق بوە، وە ئەمانە هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ کۆمەڵگەی موسڵمانان، جابۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت {إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَى هَذِهِ الْأُمَّةِ كُلُّ مُنَافِقٍ عَلِيمِ اللِّسَانِ/احمد، الطبراني،صححه الالباني/ واتە:بێگومان ئەو شتەی کە لەهەموشت زیاتر لێی دەترسم بۆ ئەم گەلەم هەموو مونافقێکی زمان زانایە}

جا وادەرکەوت کەیەکەم وەسفی منافقان درۆزنیە دەڵێن: ئێمە ئیمانمان هێناوە بە الله‌و بە رۆژی قیامەت،

(٩) ئەمانە دەیانەوێت بەم درۆو دەلەسانە فێڵ لە خوداو فێڵ لە ئیمانداران بکەنو بەم قسانە دەیانەوێت کەموسڵمانان بخەڵەتێننو وایان تێ بگەیەنن کە موسڵمانن‌و برای ئەوانن وە لە ژێرەوە هەرلەسەر بیرو باوەری خۆیانن الله دەفەرموێ: ئەمانە تەنها نەفسی خۆیان دەخەڵەتێنن چونکە الله ئاگاداری ئەوانە، ئەمانە دەیانەوێت بەم قسانە الله لێیان خۆش بێت، بە راستی لێیان خۆش نابێت چونکە خوای گەورە دەزانێ ئەوانە خەریکی چین، هەروەها ئیمانداریش مونافقان دەناسن

چونکە الله وەسفی مونافقانی ئەوەندە بە چاکی بۆ رۆشن کردونەتەوە، هەر کەمێك هەڵسو کەوتیان لەگەڵ دا بکەین بە چاکی دەیان ناسین، بۆ نمونە چەندین جار عەبدوڵای کوڕی ئوبەی موسڵمانان ویستویانە بیکوژن، وە چەند جار پاڵەوانی ئیسلام عومەری کوڕخەتاب وتویەتی ئیجازە بدەن با من بیکوژم، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: من دەزانم مونافقەو حەقی کوشتنی هەیە، بەڵام دوژمنان پڕوپاگەندە دەکەن‌و دەڵێن: محمد دۆستانی خۆی دەکوژێت لە بەر ئەوە ئیجازەی نەداوە بیکوژن کە پێغەمبەری خوا ﷺ ناسیویەتی بەڵکو ناوی مونافقان بۆ پێغەمبەر ﷺ هاتوەو یەکێك لە یارانی پێغەمبەر ﷺ ناوی حوزەیفەیە وەك وتمان پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی هەمو مونافقانی پێ وتووە، جا ئاوا دەرکەوت کە ئەمانە فڕو فێڵیان هەر لە نەفسی خۆیان کردوە، بەڵام هەستو شعوریان نیە واتە سیفەتێکی تری مونافقان ئەمەیە کە مرۆڤێکی بێ هەستو بێ دەرکن ئەگەر خاوەن هەست بونایە ئاوایان بە خۆیان نەدەکرد.

(١٠) ئەوانە لە ناو دڵیاندا نەخۆشی هەیە ناچار ئەم حاڵەتەیان بۆ خۆیان قەبووڵ کردوە بە رواڵەت ئیسلام‌و لە ژێرەوە ناموسڵمان، سا الله ئەو نەخۆشیەیان بۆ زیاد بکات وە بۆ ئەوان هەیە سزایەکی دەردناك بە هۆی ئەو درۆیەی کە دەیکەن.

چونکە خۆیان بوون بە هۆی ئەو نەخۆشیە، خوای گەورەش نەخۆشی بۆ زیاد کردن، جا ئەم رستەیە ﴿فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا﴾ لێرە خەبەرە، بەڵام دەگونجێ بە مانای (إنشاء) بێت واتە دوعا بێت وەك مانامانکرد،

(١١) جا هەر کاتێك پێیان بوترێت فەساد دروست نەکەن لەسەر زەویدا، خراپە مەکەن، تاوان مەکەن، خەڵك مەکوژن، بەناحەق ماڵی خەڵك مەخۆن ، دژایەتی ئایین مەکەن، جاسوسی مەکەن، پشتگیری بێباوەڕان مەکەن جا کە ئەمەیان پێ دەوترێت دەڵێن: ئێمە پیاو چاکین، بەرژەوەندی خەڵکمان دەوێت، دەمانەوێت خەڵك بحەسێتەوە، خەڵك بە ئاسودەیی بژیت، ئا بەم شێوەیە دێنە پێشەوە.

وەك ئەمڕۆ كە دەیبینین لە زۆر شوێندا ئەوانەی كە بەرامبەر موسڵمانان دەوەستن دەڵێن: موسڵمانان ئیرهابین، پیاو كوژن، وەزع لە خەڵك تێك دەدەن، سەر لە خەڵك دەشێوێنن، ڕێگای بڵاو بونەوەی ئایینی ئیسلام دەگرنو دژی حوكمی ئیسلام دەوەستنو پێیان وایە ڕێگایەكی چاكەو بەرنامەیەكی چاكەو پێی دەژین، ناترسن لەوخوایەی كەدروستیكردون ودەشبرێنەوە بەردەمیو دەڵێن ئێمەش دەبێ لەگەڵ خەڵك بەرەو پێش بچین، حوكمی ئیسلام بۆ ئەم بارو دۆخەی ئەمڕۆ ناگونجێ؟ یان دەڵێن دەبێت نێوان كوفرو ئیمان لەیەك نزیك بكەینەوەو ئێمە چاكە خوازانێكین كە پردێكین لە نێوان موسڵمانانو كافراندا وەك پێغەمبەر ﷺ لە وەسفیان دا دەفەرموێ: {مَثَلُ الْمُنَافِقِ كَمَثَلِ الشَّاةِ الْعَائِرَةِ بَيْنَ الْغَنَمَيْنِ تَعِيرُ إِلَى هَذِهِ مَرَّةً وَإِلَى هَذِهِ مَرَّةً/مسلم وغيره/ وێنەی مونافق وەك مەڕێك وایە كە لە نێوان دوو كۆمەڵ مەڕدا دێتودەڕوات نازانێت شوێن كامیان كەوێتوهەردەمێك لای یەكێكیانە}

دەی ئایا نابینن ئەو هەمو فەسادەی كە ئەمڕۆ لە جیهاندا هەیە لەگەڵ ئەوەشدا كە حوكمی ئیسلام وجودی نیە، جا ئەگەر ئیسلام فەسادو تێكدەرەو غەیری ئیسلام چاكە، ئەی بۆ تائێستا دنیاتان چاك نەكردوە، خۆ ئێستا خۆتان حاكمو دەسەڵاتدارن؟! كێ ڕێی لێ گرتوون، كێ ئەمرتان پێ دەكات كەخراپە بكەن؟.

(١٢) ئاگاداربن بەبێگومان ئەوان هەر خۆیانن خراپەكار وخراپەكێڵ بەڵام بەهۆی ئەوەی كە دڵەكانیان نەخۆشە هەست بە گومڕاهیو خراپەكاری خۆیان ناكەن.

(١٣) خۆ هەر كاتێكیش پێیان بوترێت وەك چۆن ئەم خەڵكە ئیمانی هێناوە ئێوەش ئیمان بێنن دەڵێن: ئایا ئێمە باوەڕ بێنین وەك ئەوگێل و گەمژانە؟ واتە: یارانی پێغەمبەر ﷺ بەنەزان ناو دەبن كە چۆن بە گیانو ماڵ لە خزمەت ئیسلامدانو لەو ڕێگەدا هەمو سەختیو دژوارییەك قەبوڵ دەكەن وەك ئەمڕۆ دەڵێن: ئیسلام كۆن بوە، دنیا بەرەو پێشكەوتن دەڕوات، وە ئیسلام بە جەهالەتو دوا كەوتو دادەنێن، كاتێ كابرای موسڵمان گرفتار دەبێ لەسەر دین زۆر كەس بە نەزانو گەمژە ناوی دەباتو پێی دەڵێن: تۆ خەریكی چیت دانیشە لە ماڵی خۆت وازی لێ بێنە بۆچی خۆت خەریكی ئەو ئیشانە دەكەی؟ بڕۆ ئیشی خۆت بكە حەقت بە سەر ئەو ئیشانەوە نەبێت، ئا بەم شێوەیە بە موسڵمانان دەڵێن. بەڵام ئەگەر كابرا لەسەر ڕێبازو بەرنامەیەكی تری غەیری ئیسلام بێت بەو دەڵێن: تۆ قارەمانیتو شۆڕش گێڕیت؟ ئەبێ مرۆڤ مەردانە بژیت؟

بەڵێ ئیشی ئیسلام بێ سودو موسڵمان بە نەفام دادەنێن، بۆیە ﷲ لە وەڵامیان دا دەفەرموێ: ئاگادار بن كە ئەوان خۆیان گێلو گەمژەو بێ عەقڵو بێ سیاسەتن و ئەوەندە نەفامن كە ئەم ڕاستیە نازانن، ئەگەر نەزان نەبونایە ئاوڕێكیان لەپێش خۆیان دەدایەوەو پەندیان لەخوانەناسانی پێش خۆیان وەردەگرتو ئاوا ڕەفتاریان نەدەكرد، بەڕاستی ئەوەندە گێل و گەمژەن نازانن كە خۆیان كەوتونەتە چ گۆمێكەوەو لە چ وەزعێكی خراپدانو دوا ڕۆژیان بەرەو كوێ دەڕوات؟ ئەگەر عەقڵیان بەوە بشكایە ئاوا ڕەفتاریان نەدەكرد؟!

(١٤) وەسیفەتێكی تریان ئەوەیە كاتێ كە دەگەن بە باوەڕداران دەڵێن: باوەڕمان هێناوەو هەر كاتێ كە دەگەن بەسەرۆكو ڕەفیقە شەیتان سیفەتەكانیان دەڵێن: بێگومان بن كەئێمە لەگەڵ ئێوەداین، بێگومان كەئێمە گاڵتە بە موسڵمانان دەكەینو پێیان ڕادەبوێرینو باوەڕمان بە ڕێبازو ئیشەكانیان نیە.

(١٥) بەڕاستی ﷲ ئەوان ترۆو ڕسوا دەكاتو بە بۆنەی ئەوەی كە ئەوان خۆیان خراپنو تاوان دەكەنو بوون بە هۆی تاوانی خۆیان خوای گەورەش یارمەتیان دەدات تا لە توغیانو سەركەشیو گومڕاهیدا زیاتر بڕۆنە خوارەوە، ئەوەیەپاداشتی گاڵتە كردنیان بە موسڵمانان؟

واتە: ﷲ خۆی خاوەنی دەسەڵاتو هێزە بۆ چاكە كارو خراپەكار، وە هەر خۆیەتی هاوكاری دەكات بۆ چاكەو خراپە، ئەگەر ﷲ كۆمەكیان پێ نەكاتو یارمەتیان نەدات خۆ ئەوان ناتوانن هیچ كارێ ئەنجام بدەن، بەڵام خوا، خوای هەمو مرۆڤەكانەو یارمەتی هەمو مرۆڤێك بەستراوە بە هێزی خواوە، جا ئەگەر بێتو یارمەتی نەدات مانای

مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّآ أَضَآءَتْ مَا حَوْلَهُۥ
ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِى ظُلُمَٰتٍ لَّا يُبْصِرُونَ ﴿١٧﴾ صُمٌّۢ
بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴿١٨﴾ أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فِيهِ
ظُلُمَٰتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ أَصَٰبِعَهُمْ فِىٓ ءَاذَانِهِم مِّنَ ٱلصَّوَٰعِقِ
حَذَرَ ٱلْمَوْتِ ۚ وَٱللَّهُ مُحِيطٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٩﴾ يَكَادُ ٱلْبَرْقُ يَخْطَفُ
أَبْصَٰرَهُمْ ۖ كُلَّمَآ أَضَآءَ لَهُم مَّشَوْا۟ فِيهِ وَإِذَآ أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُوا۟ ۚ
وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَٰرِهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ
شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ
وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ
ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ
بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ
تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ وَإِن كُنتُمْ فِى رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا
فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُوا۟ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ
إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ وَلَن تَفْعَلُوا۟ فَٱتَّقُوا۟
ٱلنَّارَ ٱلَّتِى وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ ۖ أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾

وایە ﷲ بە زۆر چاکە یان خراپە لە خەڵك قەدەغە دەکات؟ ﷲ سەرپشکێتی داوە بە مرۆڤ، مرۆڤ خۆی رێگا هەڵدەبژێرێت، بەڵام هێزی ئیشکردنەکەی تەنها لە دەست خوادایەو بەس، کەوا بوو لەسەر سەرپشکێتیەکەیەتی کە کابرا تۆڵەو پاداشتی خۆی وەردەگرێتەوە،/ لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە کە: {إِذَا رَأَيتَ اللهَ تَعَالَىٰ يُعطِي العَبدَ مِنَ الدُّنيَا مَا يُحِبُّ وَهُوَ مُقِيمٌ عَلَى مَعَاصِيهِ فَإِنَّمَا ذَٰلِكَ مِنهُ استِدرَاجٌ/صححه الالبانی/ ئەگەر بینیتان کە ﷲ بەخشی بەکەسێك ئەوەی کەپێی خۆشە لەدنیاداو ئەوهەر سوربولەسەر تاوانکاری خۆی ئەوسا بزانن کەئەوە بەرزکردنەوەیەتی لەلایەن خواوەبۆپشت شکاندنی}

ئینجا پاش ئەوەی کە ئەم سیفەتەخراپانەی موناففقی باس کرد، دەفەرموێ:

(١٦) ئەوانە کەسانێکن کە گومڕاهیان کڕیوە بە هیدایەت، جا بە راستی ئەوان لەم ئاڵوگۆڕ وبازرگانیەی کە کردیان قازانجیان نەکرد جا ئەوان چونکە هیدایەتو رێنماییان نەویستوە رێنمایی نەکراون، وەك ئەوە کەسەرەتا هیدایەت دراوێك بوە لە لای ئەوانو گومڕاهیش کاڵایەکی ناو بازاڕ بوبێت چونکە مرۆڤ کاتێ کە لە دایك دەبێت لەسەر فیترەتی ئیسلامە جا لە پاشدا دایكو باوکی دەیکەن بە گاور، بە جوولەکە، بەئاگر پەرستو بە موشریك، لەراستیدا ئەمە گاڵتە کردنە بەو موناففقانە، جا بۆپیشاندانی وێنەی خوانەناسان خوای گەورە دوو نمونە دەهێنێتەوەو دەفەرموێ:

(١٧) وێنەی ئەوانە وەکو وێنەی کەسێکە کەوا ئاگرێك هەڵگرێنێت، جا کاتێ کە ئەو ئاگرە رۆشن بوو شەوقی دایەوە خوای گەورە ئەو روناکیەی کە هەیانەو سوودی لێ وەردەگرن لای بباتو ئاگرەکەیان بکوژێنێتەوەو وازیان لێ بهێنێ لە ناو تاریکاییەکی وادا کە هیچ نەبینن‌و نەتوانن لە جێگای خۆیان دا تەکان بخۆن.

(١٨) کەڕن لەبیستنی راستیو قسەی چاك، لاڵن لەوتنی قسەی حەقو زمانیان نیە قسەی باشی پێ بکەن، کوێرن حەق نابینن‌و ئەوهەمو شوێنەوارە گرنگانە کاریان تێ ناکات، جا بۆیە ئیتر ئەوان ناگەڕێنەوە بۆ رێگای راست. لە بارەی ئەم نموونەوە زانایان رایان زۆرە، بەڵام رۆشنترو کورتر لە هەمویان ئەوەیە کە: ئیسلام تەشبیهکراوە بە ئاگر، واتە چۆن ئاگر روناکیو رۆشنایی دەدات ئیسلام ئاوەها روناکیە. هەندێك دەڵێن: ﴿ٱسْتَوْقَدَ﴾ ئەلفو سین‌و تاکەی زیادەیە. خۆی (وقد)ەیە واتە خۆی هەڵگیرسێنەری ئاگرەکەیە، بەڵام ﴿ٱسْتَوْقَدَ﴾ داوا دەکا بۆ هەڵگیرساندنی. من لێرە ئەمەم پێ جوانترە هەر لە حالەتی خۆی بمێنێتەوە،و الله اعلم. واتە ﴿ٱسْتَوْقَدَ﴾ بێت چونکە هەمو کەسێك لە سەرەتاوە داوای هیدایەتو خێر دەکات هەروەك چۆن جوولەکەکان بە خەڵکی مەدینەیان دەوت: لە مەودوا پێغەمبەرێك دێتو ئێمە دوای ئەو دەکەوین‌و هەر هەموتان دەکوژین، واتە هەمویان هەر لە سەرەتاوە چاوەڕوانی ئەوەیان هەبوە کە پیاو چاکێكو پێغەمبەرێك دێت، هەروەك لە هەمو سەردەمێكو لەهەمو زەمانێکدا مرۆڤ پێی خۆشە مرۆڤێکی داد پەروەر هەبێت. کەوا بوو ﴿ٱسْتَوْقَدَ﴾ خۆیان داوای پەیدا بوونی روناکیان دەکرد، بەڵام کاتێ کەپەیدا بو پەیڕەوییان نەکرد واتە خۆیان روناکیو ئاگرەکەیان کوژاندەوەو لە تاریکی کوفر و

خوانەناسیدا مانەوە ئەمە نموونەی یەکەم بوو،بۆ نمونەی دووهەم . دەفەرموێ:

١٩ یان وەکو چۆن بارانێك لە ئاسمانەوە ببارێت کە لەگەل ئەو بارانەدا هەورو دەنگی هەورو تاریکی هەبێتو بریسکەو روناکیش کە ئەمانە بۆ خۆپاراستن لەمردن ئەنگوستیان دەخستە ناو گوێچکەیانەوە تا گوێیان لەدەنگی هەورەکە نەبێت؟! لە حالێکدا کە ﷲ چوار دەوری کافرانی گرتودو بە هیچ شێوەیەك لە دەستی ﷲ دەرناچن.

٢٠ ئەو بریسکەی کە لە ناو ئەو بارانەدا هەیە نزیکە چاویان دەربکات جا هەر کاتێك روناکی بکات بۆیان ئەمانە چەند هەنگاوێك دەنێن، بەلاَم هەرکاتێ کە تاریکایی بدات بەسەریاندا دەوەستنو ناتوانن هیچ تەکانێك بخۆن، جا ﷲ ئەگەر ئارەزۆی لێ بێت گوێچکەیان کەڕ دەکاتو چاوانیان کوێر دەکات، ئەوان دەیانەوێت چاویان بپارێزن تا ئەم بریسکە کاری تێ نەکاتو لە ترسی کەڕ بوون گوێچکەیان دەگرن، بەلاَم نازانن گوێو چاویان بە دەست خوایە ئەگەر ئارەزۆی لێ بێ هەر دووکیان لە ناو دەبات؟ جا دەبێ ئەوان بزانن کە ﷲ دەسەلاَتی بە سەر هەموو شتێك دا هەیە.

لێرەدا دینی ئیسلام تەشبیهکراوە بە باران دیارە ئەو دینە وەك بارانێك وایە کە مایەی خێرو خۆشبەختی ژیانی هەمو گیان لەبەرانە چونکە هەمو شتێك لەم بوونەوەرە ژیانی بە هۆی ئاوەوەیە کەواتە ئیسلام ژیانە وەك ﷲ دەفەرموێ:﴿هەر کاتێك کەخواو پێغەمبەرﷺ بانگیان کردن بۆ ژیان برۆن بە پیریانەوە﴾ئەنفال/٢٤ . واتە: ئەوەی کە ژیانی سەروەرانە بە ئێوە دەدات تەنهائیسلامە. ئەو بارانە دەنگی هەوری تێدایە وە بریسکەشی تێدایە، لێرەدا دەگونجێ تەشبیهی رستە بە رستە بێت، یان نموونە بە نموونە کە یەکەمیان دەنگە کە بریتیە لە ئاگاداری کردنەوەیەك کە لە قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەردا ﷺهەیە، بۆ نموونە دەلێت: فلانەشت نەکەن ئەو سزایەی هەیە، جەهەننەم ئاوەهایە و سزایەکەشی بریتیە لەو هەمو جۆرانەو لەو رێنمایەی کە راستە رێگەی ئیسلام پێشان دەدات، بەلاَم ئەمانە لە جیاتی ئەوەی کە لەو ئاگاداریکردنەوە بترسنو خۆیان بپارێزن لە خراپە کاری

گوێچکەی خۆیان دەگرن بۆ؟ هەتا ئەو ئاگاداری کردنەوە نەبیستن کە بە خەیالی خۆیان پێیان وایە ئەو ئاگاداری کردنەوە ئەوان دەکوژێت، هەروەکو لە ئایەتی تردا هاتوە کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەعوەتی دەکردن بۆ دینی خوا دەیان وت:﴿ ئەی محمد ئەگەر دوای تۆ بکەوین لەم ولاَتەی خۆماندا لەناومان دەبەن﴾ قەسەس/٥٧، لێرەش دەفەرموێ: کاتێك کە ئەم بریسکەیە دەهات واتە کاتێك کەئایەتی قورئانیان بۆ دەخوێندرایەوەو دەی ترساندنو رێنمایی دەکردن گوێی خۆیانیان دەگرت تا ئەم قسەیە نەبیسن، لەو لایشەوە ئەو بریسکەیە کاتێ کەروناکی دەکردو بەرچاویان رۆشن دەبویەوە واتە: کاتێ بەهۆی ئیسلامەوە سودێکیان دەست کەوتایە دلیان ئارامی دەگرت، بەلاَم هەرناخۆشیەك بهاتایە پێشیان خۆیان مت دەکردو پەیوەندیەکیان بەئیسلامەوە نەدەما؟!

ئێستاش کە دەبینین کاتێك کە باسی ئایین دەکرێت بۆ کابرا دەلێت: ئەمە چیە و کەی باوی ئەو قسانە ماوە؟ یان بۆمان زەحمەتەو ناکرێت، جا نەك هەر ئەوە بەلکو دەیان قسەی ناشیرین بەرامبەر بەئایینو ئیسلامو پەیڕەوانی دەکەن، هەندێك دەلێن: کۆنە پەرستن واتە ئایین کۆنە پەرستیە بە راستی ئەمانە هەموی بەلگەی نەزانینو بێ عەقلی خۆیانە؟ خۆ ئەوەی کە ئەوان ئەمرۆ بانگی بۆ دەکەن هەمویان شتانێکن کەسەدان بەلکو بە هەزاران سال پێش ئیسلام کراون و لەهەمو سەردەمێکیشدا پێغەمبەرانو پیاوچاکان بەگژیانداچوون؟! پێم نالێن شتە تازەکانتان کامەیە؟ بەلێ بەشێك لەو نیشانەی کە ئەمرۆ ئێوە پێیدا دەنازن بریتیە لە: دزیو گزیو شەروال پیسیو قومار وعارەق خواردنەوە، کافرایەتیو بێ رەوشتی، روتکردنەوەی ئافرەت لە ئایینو رەوشتو پۆشاكو پارچە پارچەکردنی خەلكو خوێن مژینی بەناو حیزبایەتیەوە ... و...و...هتد .

توخوا پێم بلێن ئەمانە کامیان تازەیەو جێگای رێزە بۆتان؟ جا ئەی نەفام کێ کۆنە پەرستە؟ بەلێ راستە نەخۆش بەئاوی شیرین دەلێ تالە؟! تۆ بانگ دەکرێیت بۆ ئایینێك کە قسەی خوای خۆتە کە عیلمی ئەوەلو ئاخیری هەیەو بەرنامەیەکی تێرو تەواوی وای بۆداناوی کە زیاتر

لە دوانزە سەدە فەرمانڕەوایی کردووەو هەر کاتێ بە چاکیش پەیڕەوی کراوە بە شایەتی دۆستو دوژمنی ئەو سەردەمە بۆ مرۆڤ سەردەمی زێڕین بووە، بەڵێ دەبێ وابێ چونکە پەیامو بەرنامەی دروستکەری مرۆڤەو چاك دروستکراوی خۆی دەناسێت، دەزانێت چی باشە بۆیو چی دەبێ بە مایەی خێر و خۆشبەختی هەردوو دنیای بۆیە دەفەرموێ: ئەگەر لاتان دا لەسەر ئەم ڕێگایە تووشی بەڵاو موسیبەت دەبن، بەڵام ئەگەر ئەم ڕێگایەتان گرت واتە ڕێگای ئیسلام، تووشی خێرو خۆشی دنیاو قیامەت دەبن. دنیای ئەمڕۆ چونکە لای داوە لەم ئاینە وا تووشی ئەو هەموو بەڵاو موسیبەتە بووین، بە داخەوە ئەم مرۆڤەی ئەمڕۆ وافریو دراوەو مێشکی بە خوانەناسی بەنج کراوە، کاتێك کە بانگی دەکەیتو دەتەوێت لە ئایینی ﷲ شارەزا بێت کە مایەی خۆشیو کامەرانی هەردوو ژیانیەتی لە باتی سووپاس دژایەتیت لەگەڵدادەکات؟!! زۆر جار لە ڕۆژانی جومعە دا لە باتی نوێژی جومعەو پەند وەرگرتن لە وتاری جومعە دەڕۆن بۆ ڕابواردن؟!

ئەمانە هەموی نیشانەی ئەوەن کە مرۆڤ کەوتووتە بەدبەختیو نەزانیەوە. ئەمە دوو نموونە بوون لە بارەی ئیسلام وکفرەوە، لە نموونەی یەکەم دا فەرموی وەکو ئاگرێك وایە کە هەڵی دەگیرسێنن کە روناکیان بۆ بکات، بەڵام کاتێ کە روناکیان بۆ دەکات ئاگرەکە بکوژێتەوەو ئەوان لە تاریکایدا بمێننەوە، واتە ئەم دینە نیعمەتو خێرو روناکی بوو، بەڵام ئەوان وازیان لێ هێنا لە گومڕاهیدا مانەوە. وە لە نموونەی دووهەمدا ئیسلام وەکو بارانێك لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە کە دەنگی هەورو بریسکەی لەگەڵ دا بێت کاتێ کە بریسکە دەدات دەبێت بە روناکیو ئەوان هەنگاو دەنێن، بەڵام کاتێ کە تاریکی کرد دەوەستن، واتە ئەوان لە باتی ئەوەی کە ڕێگەی خوا بگرنو سوود لەو روناکیە وەرگرن گوێی خۆیان دەگرن تا ئەو ڕاستیە نەبیستن. بەڵێ ئەم دوو نموونەیە لە تەواوی ئەو مرۆڤانەی کە دژایەتی دینی ﷲ دەکەن لە هەموو زەمانێکدا بووەو هەیە ئەوەتە ئەمڕۆ ئەو ئیسلامەی کە مایەی ژیانەو روناکیە، بە کۆنە پەرستو شتێکی کەم نرخی دادەنێن؟ !بە ڕاستی ئەوە هەر وڕێنەیەکەو درێژەی هەیە، ئینجا

پاش ئەوەی کە ﷲ باسی سیفەتی باوەڕدارانو کافرانو مونافقانی کرد، ڕوولەهەموخەڵك دەکاتو دەفەرموێ:

(٢١) ئەی خەڵکینە ئەو پەروەردگارە بپەرستن کە ئێوەی لە نەبوون دروستکردووەو ئەو کەسانەی پێش ئێوەش، هیوا وایەو وا چاوەڕوان دەکرێت لە ئێوە کە ئێوە لە ﷲ بترسنو خۆتان بپارێزن لە تۆڵەو سزای پەروەردگارتان بە خۆ پاراستن لە گوناحو لە خراپەو دژایەتی خوا.

(٢٢) کە زەوی بۆ ئێوە کردوە بە فەرشو رای خستوەو ئاسمانی کردوە بە سەربانێك بۆتانو لە سەرەوە ئاوتان بۆ دەنێرێت، ئەوسا بەو ئاوە هەمو بەروبوومەکان سەوز دەکات بۆ ئەوەی کە ڕۆزییەکی لێ دەربهێنێت بۆ ئێوە کەهەر خۆی بە تەنهایی کردوونیو هاوبەشی نیە، کەواتە پێویستە لەسەر ئێوەش کە هاوبەشی بۆدانەنێن لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێوە خۆتان دەزانن کە شەریك دانان بۆ ﷲ شتێکی بێهودەیەو بێ سوودەو هیچ کام لەو ئیشانەتان بۆناکات. جا ئەم بانگەوازە گشتیەو قورئان داوای لە تەواوی مرۆڤ کردوە کە ڕوو بکەنە ئایینی ﷲ، کەواتە داعیانی دین پێویستە بزانن کە ئیسلام تەنها بۆ کۆمەڵێکی تایبەت نیە، بەڵکو بۆ هەمو خەڵکەو ئەو بانگەوازە دەبێ بە گوێی هەمو خەڵك بگاتو هەمو کەسێك تەبلیغ بکرێت، ئەوەی کە تەبلیغی پێ نەگات لەسەر نەناسینی ئیسلام گوناهی ناگاتو هەر کەسێك ئەم ئیسلامە بناسێتو کەسانێکی تر هەبن ئەم تەبلیغەیان پێ نەگەیشتبێتو توانای هەبێ تێیان بگەیەنێ ئەرکی سەرشانیەتی کەئیسلامیان پێ بناسێنێت ئەگینا تاوانبارەو حەقی شاردوەتەوە. جاپاش ئەوەی کە خالقیەتو ڕازقیەتیو ئیلاهیەتی خۆی پێشانی ئێمە دا دەفەرموێ:

(٢٣) ئەگەر ئێوە لە گومان دان لە بارەی ئەوەی کە ئێمە ناردوومانە بۆ سەر بەندەی خۆمان محمد ﷺ و پێتان وایە کەقسەی ئێمەنیە، جا وەرن یەك سوورەت بێنن بە ئەندازەی سوورەتێکی ئەم قورئانەوجگە لەخوداش هەرکەستان بۆ ئامادە دەبێت بانگی بکەن با یارمەتیتان بدات ئەگەر ڕاست دەکەن.

دیاره ئەم سوورەتە لە مەدینەدا هاتوە، لە پێش ئەمەشدا لە سوورەتە مەکیەکان دا ئەم داوایە چەند جار کراوە بۆ چەسپاندنی راستی قورئانو دەم کوتکردنی نەفامو نەزان. جارێکیان فەرموی با وێنەی ئەم قورئانە بێنن نەیانتوانی. ئایەتەکان بەم شێوەیەن:

﴿کتێبێکم بۆ بێنن لە لایەنی خواوە کە تەواوترو رێ پیشاندەر بێت لەو دووانە من دوای دەکەوم ئەگەر راست دەکەن﴾ قەسەس – ٤٩.

﴿ پێیان بڵێ ئەگەر مرۆڤو جنۆکە کۆببنەوە لەسەر ئەوەی کە وێنەی ئەم قورئانە بێنن، هەرگیز ناتوانن وێنەی بهێنن، ئەگەر هەندێکیشیان پشتگیری هەندێکیان بکەن هەر پێیان ناکرێت﴾ /ئیسرا – ٨٨.

هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ:﴿ دەڵێن ئەم قورئانە درۆیەو محمد ﷺ خۆی دروستی دەکاتو خۆی دەینووسێتەوە، پێیان بڵێ: با دە سوورەتی وەك ئەم قورئانە بهێنن﴾ هود – ١٣.

وە لە سوورەتی یونس دا دەفەرموێ:﴿ ئەم قورئانە کەلامی خوایەو دان دەنێت بەوەی کە لە پێش خۆی دا هاتووەو درێژەی ئەو کتێبانەیە کە لە پێش خۆی دا هاتوونو ئەم کتێبە لە لایەن پەروەردگاری عالەمەوە هاتوەو هیچ گومانێکی تێدا نیە، نەخێر ئەوان دەڵێن: ئەمە درۆیەو محمد دروستیکردوە، پێیان بڵێ: دەی با سوورەتێکی وێنەی ئەم قورئانە بهێننو بانگ بکەنە هەرکەس کەدەتوانن بێجگە لە اللّٰه ﴾ یونس – ٣٧-٣٨.

ئەمانە هەموویان لە مەکەدا هاتبوونە خوارەوەو چەندین مشتی بە هێز بون کەکوترا بونە دەمی بێ باوەڕان ، بەڵام وا ئێستا هاتوونەتەوە مەدینەو خوێندەوارییەکی زۆرگرنگی تێدایە چونکە جووەکان خۆیان بە خوێندەوار دەزانیو خۆیان بە ئەهلی کتێب دەزانی، بۆیە وا دووبارە ئایەت هاتە خوارەوەو مشتێکی تری بە هێزی سرەواندە ئەوانیش وهەمو گومراهانو خوا نەناسانی ترو بۆ هەمیشە دەمکوتی کردن، بە راستی بڕیاری ئاوەها تەنها لە توانای اللّٰه دا هەیەو کەس ناتوانێ شتی وا بڵێت چونکە دەگونجێت ئێستا کەسێك شتێك دروست بکات وێنەی نەبێت بەڵام ناتوانێت بڵێت کەسیش ناتوانێت وێنەی دروست بکات لەئایندەدا. چونکە لەوانەیە دروست بکرێت لەویش چاکتر. بەڵام اللّٰه دەفەرموێ: با بیهێنن وێنەی ئەم قورئانە.

(٢٤) جا ئەگەر نەیانتوانیوە تا ئیستا بهێننو ناشتوانن لە مەو لاش بیهێنن، مادام ئێوە دەزانن کە ئەم قورئانە کەلامی خوایە، داواتان لێ دەکات کە تەنها اللّٰه بپەرستنو دژایەتی ئەم قورئانە نەکەن دەی بترسن لەو ئاگرەی کە بە مرۆڤو بەرد ئاگرە کە خۆش دەبێت کە ئەو ئاگرەش ئامادە کراوە بۆ کافرو خوانەناسان.

خەڵکینە ئێمە لە دنیادا ئەگەر بمانەوێ ئاگرێك بکەینەوە دەبێ شتی زۆر بێ هێز بهێنین وەك پووشو چیلکەو داری ورد تا ئاگرەکەی پێ بکەینەوە، بەڵام ئەو رۆژە بەمرۆڤو بەبەرد ئەو ئاگرە خۆش دەبێت، جا ئیتر ئەبێ ئەو ئاگرە چەند بەتینو بە گڕ بێت. خوا پەنامان بدات ﴿لَن﴾ بۆ نەفی هەمیشەییە لە ئایندەدا، واتە لە داهاتوشدا ئەم شتە قەت روونادات و کەس ناتوانێت سوورەتێکی بچوکی وەکو سوورەتە بچوکەکانی ئەم قورئانە بهێنێت.

ئەوەتا زیاتر لە چواردە سەدەیە بە سەر هاتنی ئەم قورئانەدا تێپەڕیوەو کەسێك نەیتوانیوە سوورەتێکی بچوکی وەك ئەم قورئانە بێنێت. جا ئەو سوورەتە با وێنەی سوورەتی (الکوثر) بێت کە بچووکترین سوورەتی قورئانە، جا چ لە بەر ئەوە بێت کە دارشتنەکەی سەرسوڕهێنەرە، یان خوای گەورە وای کردوە ئەگەر کەسێك بیەوێت شتێك بڵێت ناهێڵێت، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ بێگومان کە ئێمەین ئەم قورئانەمان رەوانە کردوەو ئێمەش چاودێریی دەکەین﴾ حیجر-٩. بە هەر لایەکدا مانای بکەین هەر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم قورئانە فەرمودەی خوای خاوەن دەسەڵاتە.

پەروەردگار هەر خۆی بە چاکی مرۆڤ دەناسێت هەمیشە لە پاش باسی پیاوی خراپو دۆزەخەوە باسی پیاو چاكو بەهەشت، یان بە پێچەوانەوە دەکات، ئەوەتا لێرەش لە پاش باسی خراپانو سزاکانیان باسی چاکە کارانو پاداشتیان دەکاتو دەفەرموێ:

وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ
تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ
رِّزْقًا ۙ قَالُواْ هَٰذَا ٱلَّذِى رُزِقْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَأُتُواْ بِهِۦ مُتَشَٰبِهًا ۖ
وَلَهُمْ فِيهَآ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ ۖ وَهُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٥﴾
إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسْتَحْىِۦٓ أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا بَعُوضَةً فَمَا
فَوْقَهَا ۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن
رَّبِّهِمْ ۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَيَقُولُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ
بِهَٰذَا مَثَلًا ۘ يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرًا وَيَهْدِى بِهِۦ كَثِيرًا ۚ
وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾ ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ
ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ
وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٢٧﴾
كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَٰتًا فَأَحْيَٰكُمْ ۖ
ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٨﴾ هُوَ
ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى
ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ ۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٩﴾

(٢٥) ئەی محمدﷺ مژدە بدە بەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە کە بۆ ئەوان هەیە چەندین باخچە کە لە ژێر ئەو باخچانەدا چەندین جۆگە لەهاتوچۆدایە لە ئاوی بە تامو لە شیرو لە شەراب نەك وەك شەرابی دنیا، وە جۆگەیەك لە هەنگوینی پاڵفتە کراو خۆ هەر کاتێك کە لە میوەکانی بەهەشت بۆیان دێنن و رۆزیان پێ دەدەن دەڵێن: ئەمانەمان لە پێشدا بۆهاتوە، هەندێك دەڵێن: ئەو میوانە شێوەکانیان لە دنیادابینیوە وەك سێو، پرتەقاڵ، هەنار و.. کاتێ کە دەیبینن دەڵێن ئەمە هەنارو پرتەقاڵە، بەڵام کە دەیخۆن تامی ئەو نادات، هەندێك دەڵێن: ئەوەندە مێوەی رەنگاو رەنگی بۆ دێت بە لایەوە وایە کە ئەوەی خواردوە بەڵام کە دەیخوات دەزانێ کە نەیخواردوەو تامی ئەم میوەیەی تا ئێستا نەچەشتوە وەك دەفەرموێ: کە بۆیان دەهێندرا میوەکان لە یەك دەچون، وە بۆیان هەیە چەندین هاوسەری پاكو خاوێن کراوە لە هەر شتێك کە بێ تامو ناشیرینیان بکات لەو حاڵەتەی کە بۆ ژنان هەیە لە دنیادا، وە ئەوان بۆ هەمیشە لە ناو ئەو نازو نیعمەتو بەهەشتانەدانو لێیان ناسەندرێتەوە.

بەڵێ ئەم میوە جۆراو جۆرو فرەوانە ئەوخەڵاتە بەنرخە بۆ مرۆڤی موسڵمان ئامادە کراوە. بەڵام کام موسڵمان؟ ئەو موسڵمانانەی کە کرداری رێك وپێکیان ئەنجام داوە، ئەمە بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە باوەڕی رووت بەبێ کردەوەی چاك بەرهەمی نابێت، هەروەك زانایان دەڵێن: " اَلإِيمَانُ مَا وَقَّرَ فِى القَلبِ وَصَدَّقَهُ العَمَلُ/ باوەڕ ئەوەیە کە لە ناو دڵدا جێگیرببێتو کردار راستیەکەی بسەلمێنێت" ئا لێرەدا پێویستە ئیشارە بەوە بکەین کە زۆر کەس هەیە کە نوێژ ناکاتو رۆژوو ناگرێتو زەکات نادات، وە هیچ ئەخلاقێکی چاکی تێدا نیە، ئینجا دەڵێت من باوەڕم بە ﷲ هەیە تا خەڵك بەو بڵێن پیاوێکی باوەڕدارە؟! بەڵام لە راستی دا ئەگەر لەم قسانەیشی دا راست بکات ئەمە عیلمی بە خواو بە ئاخیرەت هەیە نەك باوەڕدارە واتە باوەڕەکەی باوەڕێکی شەیتانیە خوا ئەو باوەڕەی نەلە شەیتان ومنەلەفیرعەون

وەرنەگرتوە، جا تۆچیت لەوان زیاترە تا خوا لەتۆ وەربگرێت؟ (بە وردی تەماشای کۆتایی سورەتی صاد بکە).

جا پاش ئەوەی کەخوای باڵادەستودانا بە نمونە ناوی هەندێك لە گیاندارانی باس کرد وەکو جاڵجاڵۆکە ومێش کە لە سوورەتی (عەنکبوتوحەج) دا هاتون بێ باوەڕان رەخنەیان دەگرتو دەیان وت ئەگەر ئەم قورئانە کەلامی خوایە، خوای گەورە چۆن بەو گەورەییەی خۆیەوە باسی مێشو ئەم شتە بێ نرخانە دەکات دیارە ئەمە کەلامی خوا نیە. لە راستی دا ئەم قسانە بەلگەی جەهلو نەزانینە، چونکە رۆح مایەی ژیانی مرۆڤو هەمو گیان لەبەرێکی ترەو ئەو گیانەی کە بە مرۆڤێك دراوە هەر ئەو جۆرە گیانەیشە بە مێشوولەو مێروولەو باڵندە. ..وە....هتد دراوە ئەوەی کە وا مایەی شەرەفو رێزە بۆ مرۆڤ وبۆ هەمو گیان لەبەران ژیانەکەیەو ئەو روحەیە کە هیچ کەس تا ئێستا سەری لە بەر دەر نەکردوە، جا ئەگەر دەرك وشعور هەبێت ئەو گیانەی کە بە مێشوولەیەك دراوە هەر ئەو گیانەیە کە بە حوشترێکیش دراوە هەردوو کیان بەو گیانە شتن ئیتر چ جیاوازیەك لە نێوان گیان لە بەراندا هەیە

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً
قَالُوٓاْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ
نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ
(٣٠) وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ
فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِي بِأَسْمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ (٣١) قَالُواْ
سُبْحَٰنَكَ لَا عِلْمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ
(٣٢) قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ
أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّيٓ أَعْلَمُ غَيْبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا
تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ (٣٣) وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُواْ
لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ
(٣٤) وَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا
حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٣٥)
فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا ٱهْبِطُواْ
بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ (٣٦)
فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ (٣٧)

هەر لە مرۆڤەوە تا مێشێك هەردوو دروستكراوی خودانو بەو گیانە رێزو ناویان دەبێت؟ كەوابوو ئەگەر دەرك وعەقڵیان هەبوایە ئەم پرسیارانەیان نەدەكرد. جاﷲ لێرەدا وەڵامیان دەداتەوەو تێمان دەگەیەنێت كە ئەمە بۆچونێكی زۆر زۆر هەڵەیەو دەفەرموێ:

(٢٦) ﷲ شەرم ناكات لە هێنانەوەی هەر نموونەیەك ئینجا مێشوولەیەك بێت یان لە سەروی مێشوولەوە بێت، چونكە هەموویان دروستكراوی خوای گەورەنو ئەو گیانی پێداون، ئینجا خوای زاناو كار بەجێ دەفەرموێ: خاوەن باوەڕان بە جۆرێك سرنج ئەدەنو ورد دەبنەوەو بێ باوەڕانیش بە جۆرێكی تر، جا ئەوانەی كە باوەڕیان هەیە دەزانن ئەم نمونانە، یان ئەم قورئانە حەقو راستەولە لایەن خوای گەورەوە هاتووە بەڵام بێ باوەڕان دەڵێن: ئەم نموونەیە چ سوودی هەیە كە ﷲ باسی دەكات؟ زۆر كەسی پێ گومڕاه دەبێت. باوەڕدارانیش دەڵێن: نەخێر زۆری پێ هیدایەت دەبێتوهەر فاسقان بەو گومڕا دەبن. كامانە فاسقن؟ ئینجا پێناسەیەكی فاسقانمان بۆ دەكاتو دەفەرموێ:

(٢٧) ئەوكەسانەن پاش ئەوەی كە پەیمانی بتەویان لەگەل خوادا بەستوە هەڵیدەوەشێننەوەو ئەوەی كە ﷲ دەستوری پێ داون كەبەیەكەوەی بلكێننو بتەوی بكەن، دەیبچڕن وەك پەیوەندی خزمایەتی، وەلەسەر زەویدا خراپەبڵاو دەكەنەوە ئەوانە هەرخۆیان زیان لێكەوتو رەنجەڕۆن. ئەم فیسقو دەرچوون لە سنورە بەڵگەی نەبوونی باوەڕە بە قیامەت وبە زیندوو بونەوە بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ:

(٢٨) چۆن ئەوانە بێ باوەڕن بەخواو لە بەرچی بێ باوەرن؟ لە بەر ئەوەی كە دەڵێن: كە مردین ئیتر زیندو نابینەوە. خۆ ئێوە مردوبون زیندوی كردنەوەو گیانی پێدان لە پاشدا دەتان مرێنێو دەچنەوە بۆ جیهانی بەرزەخو ژیانی ناو گۆڕو حیسابەكەی، لە پاش ئەو مەرگە زیندوتان دەكاتەوە، لەپاشان هەر بۆلای ئەودەبرێنەوە.

واتە مرۆڤ دروستبوە لەو دڵۆپە ئاوەی كە لەو خۆراكەی كە مرۆڤ بەهەردوو رەگەزیەوە دەیخوات، دیارە ئەو خۆراكە ئەگەر حەیاتیشی تیدا بێت وەك گیاوو شتی تر، بەڵام ئەمەش پاش ئەوەی كە دەكرێت بە شێوو بە خواردەمەنیو گەدە شی دەكاتەوەو ورد وردو رێزاڵ رێزاڵ دەبێت، ئیتر ئەو حاڵەتەیشی تیدا نامێنێت، واتە: مردویەكی بەتەواوی مردوە جا دەبێت بە دڵۆپەئاوێكی خەست، ئینجا خوای دانا چەندین حەیوانی زیندو لەناو ئەو دڵۆپە ئاوەدا دروست دەكات، ئینجا بەتێكەڵ بونی ئەودڵۆپە ئاوە لەناو منداڵداندا بەفرمانی ﷲ مرۆڤی لێ دروست دەبێت، كەواتە لەسەرەتادا ئێوە مردو بوون ئێستاش دەبینن كەچۆن دروستیكردوون،وەدەبینن كەدەتان مرێنێ دەی خۆ ئەگەر ژیربن زیندوبونەوەی دووهەمتان بەلاوە ئاسان تردەبێت.

(٢٩) جا ئەو زاتە ئەو كەسەیە كە ئەوەی لەسەر زەویدایە هەموی بۆسودو بۆ بەرژەوەندی ئێوە دروستكردووە، لەپاشان ئیرادەی دروستكردنی ئاسمانی كرد، ئەوسا گورج بەماوەی دوورۆژ ئەو حەوت ئاسمانەی رێك خست، وە خوای گەورە عیلمی بە هەمو شتێك هەیە لە هەر كوێدا هەبێت گەورە یان بچووك.

ئەمە یەکێکە لەو عامانەی کە تایبەت نەکراوە چونکە عام هەیە تایبەت کراوەو عامیش هەیە هەر بە گشتی خۆی ماوەتەوە لەوانە ئەم ئایەتانە ﴿وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ /الحدید: ٣/ وە ئەو زانیاری بە هەمو شتێك هەیەو هیچ شتێك لە عیلمی ئەو دەرناچێت﴾

﴿فرەوان ترە کورسیەکەی لەئاسمانان و زەوی‌و پاراستنیان لەلای ئەو سەخت نیەو هەر خۆیەتی بڵند مەقامو گەورە﴾ بەقەرە:٢٥٥.

جا کەواتە چی لێ پەنهان دەکرێت؟ ئەمە باسێك بوو بۆ ئەوەی کەمێك تەماشای دەوروبەرمان بکەین‌و سەرێك هەڵبڕین‌و هەندێك لەو نیعمەتانەی کە الله بۆی دروستکردوین ببینین، ئەوسا الله بناسین‌و سوپاسی بکەین‌و روو بکەینە ئایینەکەی. ئینجا خوای گەورە سەرەتای دروستبونی خۆمانمان بۆ باس دەکات‌ودەفەرموێ:

(٣٠) ئەی محمدﷺ باس کە بۆیان ئەو کاتەی کە پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرمو: بێگومان من لەم زەویەدا جێنشینێك دادەنێم، ئینجا ئەوانیش وتیان: ئەی خوایە کەسێك دادەنێی لەسەر ئەم زەویەدا کە خراپەی تێدابکات‌و خوێن رێژی بکات؟ بەڵام خۆ ئێمە لەگەڵ سوپاس‌و پێزانینی نیعمەتەکانت تەسبیحاتی تۆدەکەین‌و بە رێزت دەگرین‌و نوێژت بۆ دەکەین؟ لەم جێنشینە دا ئیختلاف بووە لە بەینی زانایاندا، هەندێك پێیان وایە: کە ئەم جێنشینە لە وەکالەتی خواوەیە واتە: ئەو دەسەڵات‌و عەدالەتەی کە خوا هەیەتی‌و لە کتێبەکانی دا باسی کردوە دەیەوێت لەسەر زەویدا کۆمەڵێك بن‌و جێ بە جێی بکەن.وە هەندێك ئەم شێوە تەفسیر کردنەیان بە لاوە جوان نیە، بەڵکو بە جێنشینی میللەتانی پێشوی دەزانن یان خۆیان چین لە پاش چین جێگای یەکتر دەگرنەوە.

ئەم پرسیارەی فریشتەکانە پرسیارێکە بۆ زانین نەك بۆئینکاری، بەڵکو بۆ زانینی سوودی دروستبونی ئەم مرۆڤانەیە واتە دەڵێن: ئەی خوایە سوودی ئەم مرۆڤ چیە؟ بەڵام پرسیاری شەیتان ئینکاری بوو بۆیە شەیتان نەعلەتی لێ کرا.

باشە مەلائیکە چۆن دەیانزانی کە مرۆڤ ئاوا دەکات؟ دەگونجێ بەم شێوەیە بێت لە بەر ئەوەی کە لە جۆری مرۆڤ بووە لە پێش ئادەمداو وایان کردوە یان سروشتی زەوی وایە کە هەر کەسێك دێتە سەر وا دەکات، یان لە (لوح المحفوظ) بۆیان ئاشکرا کراوە کە مرۆڤ لە ئایندەدا وا دەکات، یان ئەم مرۆڤە لە خاك دروست بووەو سروشتی خاکیش ئاوەهایە.

خوای گەورە دەفەرموێ: من شتانێك دەزانم کە ئێوە نایزانن. ئەوەتە ئەو مرۆڤانەی کە مایەی سەرسوڕمانی فریشتە بو، ئەو هەموو پێغەمبەرو پیاو چاك‌و شەهیدو ئەو زانا بەرزانەی لێ هەڵکەوتوەو بە ملیارەها مرۆڤ خۆی لە پێناوی دینی الله دا فیدا کردوەو دەیکات، بەڵام مەلائیکە وا دروستکراون کە بە بەردەوامی عیبادەتی خوا بکەن‌و ئارەزواتی تریان تێدا نیە، بەڵام مرۆڤ کە خاوەنی ئەو هەمو ئارەزۆو شەهەواتەیەو چاوی لە هەموی بنووقێنێت‌و رو بکاتە ئاینەکەی الله و سەبر لەسەر ئەو هەمو سەختی‌و تەنگانە بکات، ئاشکرایە کە دەرەجەی زۆر بەرز دەبێت‌و پلەو پایەی لە فریشتە گەورەتر دەبێت. خوای گەورە لێرەدا تاقیکردنەوەیەك دەکات بۆ ئەوەی کە تێیان بگەیەنێت کە ئەوەی خوای گەورە دەیزانێ ئەوان نایزانن.

(٣١) جا ئەوەی کە ناو بێت‌و پێویست بێت لەو سەردەمەدا خوای گەورە بە ئادەمی راگەیاندو فێری کرد، لە پاشان ئەو شتانەی هێنایە بەر چاوی فریشتەکان‌و پرسیاری لێ کردن‌و فەرموی: ئەگەر ئێوە راست دەکەن‌و پێتان وایە هەمو شتێك دەزانن‌و عیلمتان بە هەمو شتێك هەیە ناوی ئەوانەم پێ بڵێن.

(٣٢) وتیان: پاك‌و بێ عەیبی بۆتۆ خۆ ئێمە هیچ زانیاریەکمان نیە تەنها ئەو زانیاریە نەبێت کە خۆت فێرت کردوین بە راستی تۆ زۆر زانایت‌و ئیشەکانت بە حیکمەتن.

(علیم) صیغە موبالغەیە واتە زۆر زاناو ئاگا، ئەم ناوەی پەروەردگار کە وەسفی عیلمی پەروەردگار دەگەیەنێت لە قورئاندا سەدوشەش جار بە شێوەی ﴿عَلِيمٌ﴾ کە هژدە جاری

لەم سورەتەدایە وە سیو دووجار بە ﴿ٱلۡعَلِيمُ﴾ کە سێ جاری لەم سورەتەدایە هاتوە، وە بیستو دووجاریش بە ﴿عَلِيمًا﴾ هاتوە.

(حکیم) واتە کاربەجێ، ئەو زاتەی کە هەمو بڕیارو ئیشەکانی لەسەر بناغەی عیلمو حیکمەتە، ئەم ناوەی پەروەردگار کە وەسفی حیکمەتی پەروەردگار دەگەیەنێت لە قورئاندا سێونۆ جار بە شێوەی ﴿حَكِيمٌ﴾ کە پێنج جاری لەم سورەتەدایە وە چلو دووجاریش بە ﴿ٱلۡحَكِيمُ﴾ کە دوو جاری لەم سورەتەدایە هاتوە، شانزە جاریش بە ﴿حَكِيمًا﴾ هاتوە، کۆتا شوێنێکیش لە قورئان کە ئەم دوو ناوە هاتبێت ئایەتی سیهەمی سورەتی "ئینسانە".

ئەم دوو ناوە لە قورئاندا بە شێوەکانیانەوە بیستو نۆ جار پێکەوەهاتون وەك ﴿عَلِيمًا حَكِيمًا﴾

(٣٣) ئەی ئادەم ئەو ناوانەیان پێ بڵێ، جا کاتێ کە ئادەم ناوەکانی پێوتن فەرموی: ئەی من پێم نەوتن کە من هەمو نهێنیەکانی ئاسمانو زەوی دەزانم؟وە من ئاگادارترم لەخۆتان بەوەی کە ئاشکرای دەکەنو ئەوەش کەدەیشارنەوە، ئاگادارە لە هەموو شتێك.

واتە ئادەم بوو بە مامۆستای فریشتەکانو واخەریکە شتیان فێر دەکات بەو شێوەیە ئەوان مافی خۆ بە گەورە زانیان بەسەر ئادەمدا نەما، بەڵێ هەر بەم مامۆستایەتی ئادەمە بۆمان دەردەکەوێت کە بەرەی مرۆڤ ئەمڕۆ لە عیلم دا بە هەر کوێ بگات هێشتا هەر لە دواوەیە چونکە خوای گەورە کە مرۆڤی دروستکردوە، عیلمو زانستی وای پێداوە کە فریشتەکان لە لای دەرس بخوێنن، لێرە پرسیارێك دێتە پێشەوە حەز دەکەم بیزانن.

دەڵێن: خوای گەورە ئادەمی فێری ناوەکان کردو بە فریشتەکانی نەوت، ئەگەر ﷲ بە فریشتەکانیشی بفەرموایە ئەوانیش دەیانزانی کەوابوو زیرەکی ئادەم لە مەدا چی بوو؟ لێرەدا من وای بۆ دەچم کە مەسەلەکە ئەوەیە کە چۆن ﷲ ئادەمی تێ گەیاند. ئەوان فریشتە بونو پێیان وا بو کەلەبارەی ئادەمەوە هەمو شتێك دەزانن، ئادەم لە جێگای تایبەتی خۆیداو فریشتە لە بەینی خواو ئادەم دا زۆرو زەبەنەنو چۆن چۆنی بو کە ﷲ ئەم ناوانەی بە ئادەم پیشان داو ئەوان ئاگایان لێ نەبو؟! بەڵێ ئەو عیلمەی کە خوا هەیەتی زۆر زۆر لە سەروی عیلمی ئەوانەوەیە، ئیتر ئەوانە حەقیانە ڕێز لە ئادەم بگرن، وە لە سەرئەم بناغەیشە مرۆڤ بە گشتی لە فریشتە گەورەترەو پێغەمبەرانی مرۆڤ لە پێغەمبەرانی فریشتە گەورەترن، هەروەها دەڵێن کە جبرائیل کە نێردراوی خوایە بۆ لای پێغەمبەران لە کاتی معراج دا لەپلەو پایەی خۆی تێ نەپەڕیو وتی: ئێمە مەقامی دیاری کراومان هەیە. کەچی پێغەمبەر ﷺ بۆ سەروتر بەرەو خوا جل جلالە ڕۆیشت. ئێمە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەرەی ئادەم بە گشتی لە فریشتە گەورەترن، بەڵام پێویستە ئەمە بزانین کە فریشتە هەمویان چاکە کارنو لە بەرەی ئادەم دا ئەوانەی کە لە بەرنامەی ﷲ لادەدەن ئەوانە پیسترین مەخلوقی خودانو لەهەمو ئاژەڵێك پەستو بێ نرخ ترن. بەرەی ئادەم دوو بەشن چاکە کارانی بەرەی ئادەم ئەوەندە بەرێزن ﷲ دەفەرموێ:

(٣٤) بیرکەرەوە لە ئەو کاتەی کە ئەمرمان بە فریشتەکان کرد کەسوجدە بەرن بۆ ئادەم، جا ئەوانیش سوجدەیان برد، جگە لە شەیتان کە خۆی گرتو خۆی بە گەورە داناو سوجدەی نەبردو لە فریشتەکان نەبوو هەر لە زووەوە لە ریزی کافران دا بوو، بەڵام خۆی لە قاڵبێکی دینداردا پێشان دەدا.

لە مەیشەوە جارێکی تر دەرکەوت کە ﷲ زانیاریەکی وای لەسەر شەیتان بوە کە فریشتەکان نەیانزانیوە لە پێشدا پێیان وابو کە شەیتان پیاوێکی چاکە، بەڵام ﷲ دەیزانی کە وانیەو خراپە، ئەوەتا لە داستانی ئادەم دا دەرکەوت کە بەندەیەکی خراپەو ئەوان پێیان نەدەزانیو لەگەڵ ئەوانیش دا هەڵسوکەوتی دەکرد بەڵام دەرنەکەوت تا ئادەم دروستبوو، کە ئادەم دروستبوو لە بەر حەسادەتو خۆ بە زل زانین خۆی پێ نەگیراو ئەو کفرەی ناو دەروونی دەرخست.

لە شوێنی تریش قورئان بۆمان باس دەکات کە شەیتان کاتێ ئەم کارەی کرد بەر نەفرینو نەعلەتی خوا کەوتو

لە بەهەشت دەرکراو هەتا ئەو رۆژەی کە خەڵك دەمرێت مۆڵەتی پێ دراوەو ئەویش سوێندی خواردووە کە مرۆڤ لادەدات لەسەر رێگای راست، بەڵام مرۆڤی چاکی پێ ناخەڵەتێت، ئاوا بەم شێوەیە نەفەرەکانی خۆی کۆ دەکاتەوەو جهەنەمیان پێ پڕ دەکات.

جا ئەو خاڵەی کە جێگای ووردبوونەوەیە ئەوەیە کە ئێمە وەکو باوەڕدارێکی راست بە شێوەی پێویست تەبلیغاتی دینی ﷲ ناکەین‌و لە خوا ناترسین، جا ئەگەر هەندێك ئیشی کەمیش بکەین زۆر خۆمانی پێ هەڵدەکێشین، زۆر جاریش فرمانی ﷲ دەشکێنین وە بە خەیاڵماندا نایەت کە چی ئەو شەیتانە بەو هەموو سیفەتانەو لە ناو مەلائیکەدا چەند بەرێزو بەرز بوو، ئینجا بە یەك نافەرمانی ﷲ دەرکرا لەو نازو نیعمەتەو نەفرینی هەتا هەتایی بەرکەوت،

جا ئێمەی موسڵمان پێویستە لە خۆمان بپرسین بۆ ئەوەندە لە خۆمان بایین. موسڵمانی راست‌و دروست﴿هەمیشە بەترس‌و بەتەماعەوە خواپەرستی دەکەن﴾ دەفەرموێ:﴿دەیکەن لەچاکە ئەوەی کە دەیکەن لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر دڵیان دەترسێ لەوەی کە ﷲ لێیان وەر نەگرێ﴾

چونکە هەموی بایی چاوێکمان نابێت، وە نرخی یەك هەناسەی ئێمە نیە، کاتێك کە یەك هەناسەمان دێتە دەرەوە ئەگەر خوای گەورە ئیرادە نەکات نایەتە دەرەوەو دەخنکێین وە ئەگەر هاتو نەگەڕایەوە خۆ ئیتر گیانمان دەرچوە، واتە: ئێمە بۆ دەرچونی هەر هەناسەیەك پێویستە سوپاسی ﷲ بکەین، وە بۆ هەر هەناسەیەك کە وەری دەگرین سوپاسێکی تر پێویستە وە لەسەر ئەو سوپاسەش پێویستە سوپاسی ﷲ بکەین چونکە ئەگەر ﷲ یارمەتیمان نەدات ناتوانین ئەو سوپاسەیش بکەین.

بەڵێ راستە کەدەفەرموێ: ﴿ ئەگەر بتانەوێ نیعمەتەکانی ﷲ بژمێرن ناژمێرێ بۆتان﴾ جا هەر ناتوانین بیژمێرین چ جای شوکری بکەین. با بیر لە حاڵی خۆمان بکەینەوەو شوکری ﷲ بکەین تا خوای گەورەش نیعمەتەکانی خۆی زیاد بکات بۆمان. وەك دەفەرموێ: ﴿بەراستی ئەگەر ئێوە شوکرانە بژێرن، منیش رۆزیتان بۆ زیاد دەکەم﴾

لە بارەی ئەوەی کە دەڵێن شەیتان لە مەلائیکەیە یان لە جنۆکەیە ئیختیلاف هەیە، هەندێك دەڵێن: شەیتان لە جنسی مەلائیکە نیە لە جنۆکەیە وە لە ئاگر دروستبوە، وە دەست دەگرن بەم ئایەتەوە کە دەفەرموێ:﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلْجِنِّ ... /الكهف: ٥٠/ وە ئەو کاتەی کە بە فریشتەکانمان وت سوجدە برن بۆ ئادەم جا سوجدەیان برد جگە لە شەیتان کە لە جنۆکە بو﴾

هەندێك وتوویانە: نەخێر بەشێکە لە مەلائیکەو لە جنسی ئەجینەن، ئەو بەشە مەلائیکە لە ئاگر دروستبوە، ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە ئەو کاتە شەیتان لە ناو فریشتەکاندا بووەو خیتابەکەش ئاراستەی ئەو کراوە کە سوجدە ببات، بەڵام سەرکەشی کردوەو بە بۆنەی ئەو سەرکەشی یەوە لە بەهەشت دەرکراوە.

(٣٥) جا وتمان: ئەی ئادەم خۆت‌و هاوسەرەکەت لەناو ئەم بەهەشتەدا ئارام بگرن، لە هەر جێگایەکی ئەو بەهەشتەدا کە ئارەزۆتان لێی هەیە بگەڕێن‌و بخۆن بەلێشاوی چۆن ئارەزۆ دەکەن‌و لە کام دەتانەوێ بیخۆن، بەڵام نزیکی ئەو درەختە نەکەون، کە درەختێکی ناسراوو دیاری بوو لەلایان، جا ئەگەر لەو درەختە نزیك کەوتنەوەو سوودتان لێ وەرگرت ئەو کاتە خۆت‌و هاوسەرەکەت لەستەمکارانن.

پێشەکی ستەمتان لە خۆتان کردوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەهەر کەس بێ فرمانی خوای کرد پێشەکی زوڵمی لە خۆی کردوە چونکە زیانەکەی پێش هەموو کەس بۆ خۆیەتی. وشەی (سكن) بەوجێگایە دەڵێن کە تێیدا دادەنیشن لە (سكون)ـەوە هاتووە واتە ئارام گرتن.

(٣٦) جا شەیتان هەڵیخلیسکاندن‌و فریوی دان‌و لەناو ئەو هەمو نازو نیعمەتە دەری پەڕاندن، جا وتمان: دابەزن هەندێکتان دوژمنی هەندێکتان دەبن، ئەوساجێگەی وەڤرەگرتن و رابواردنی ئێوە لەسەر زەوی دایە، تا ماوەیەك. ئەم ماوە کە تەمەنێکی چەندساڵەیەو لە پاش ئەم چەند ساڵە بمانەوێ‌و نەمانەوێ دەبێ بنەو بارگەمان بپێچینەوەو ئەم زەوییە بە جێ بهێڵین، لە کۆتایشدا ئەم زەوی وئاسمانە تێك دەچێت‌و ئەوەی ئادەم‌و هەمو گیان

لەبەرانی تردەمرن‌و کەس نامێنێ‌و مرۆڤ دەبێ هەموی لەسەر ئەم زەوییەدا کۆچ بکات،

بەڵێ کاتێ کەبەقسەی شەیتان فرمانی خوایان شکاندو بەری درەختەکەیان خوارد پۆشاکیان لەبەردا نەماو شەرمگەیان دەرکەوت، جا پەلاماریان دایە گەڵای درەختەکانی ئەو بەهەشتەو خۆیان پێدادەپۆشی واتە: جل‌و بەرگیان نەما ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەتاوان سەرەرای ئەوەش کە مایەی شەرمەزاری دنیاو سزای قیامەتە کاردەکاتە سەر پۆشاک‌و رۆزیش هەروەك خوای گەورە لە قورئاندا بە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿ ئارام بگرە لەسەر ئەو نوێژەی کە دەیکەی‌و بەردەوام بە لە سەری، ئێمە داوای رۆزی لە تۆ ناکەین بەڵکو ئێمە رۆزی بە تۆ دەدەین﴾ تاها:١٣٢

کەواتە دەوام کردن لەسەر عیبادەتی خوا رۆزی زیاد دەکات‌و تەرکی عیبادەت بە پێچەوانەوەیە، ئەوەبو ئادەم لە ناو ئەو هەمو نازو نیعمەتانەدا بو بەڵام کاتێ کە گوناهی کرد ﷲ دەری کرد.

ئەی خەڵکینە خوای گەورە کاتێ کە باسی داستانێکمان بۆ دەکات بۆ ئەوە نیە کە ئێمە بخەوین، بەڵکو بۆ ئەوەیە پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرین کەئەمەش لوتفێکی تری خوایە لەگەڵ مرۆڤدا دەیکات بەڵکو بیر بکەنەوە، ئەگینا نیعمەتی ﷲ فرەوانە تەنانەت بۆ بێ باوەڕانیش؟ ئادەمێك کە خوا بە دەستی قودرەتی خۆی دروستیکردوەو بە مەلائیکەی ئەمر فەرمو کە سوجدەی بۆ ببەن‌و تەنها شەیتان سوجدەی بۆ نەبرد ﷲ دەری کرد لە ناو مەلائیکەتانداو بەتەواوی ترۆی کرد. ئەو ئادەمەش کاتێ کە نا فرمانی خوای کرد لەو هەمو نیعمەتانە دوور خرایەوە، بەڵام چونکە پەشیمان بویەوە لەوەی کە کردی خوای میهرەبان چاوپۆشی لێ کردو کردی بەپێغەمبەریش.

جا ئێمەش کە نەوەی ئادەمین حەق وایە لەم داستانە پەند وەربگرین‌و بزانین کە تاوان ئاوا ریسوامان دەکات، چاکەش خێروبەیرمان بۆزیاد دەکات جا ﷲ دەری کردن لەو نیعمەتانەی کە تێیدا بون، جا پێمان وتن دابەزن، برۆن بۆ خوارەوە هەندێکتان دوژمنی هەندێکتان دەبن، دیارە ئادەم‌و حەواو شەیتان هەمویان دابەزین هیچکامیان لەوێدانەمان‌و شەیتان دوژمنی بەنی ئادەمە هەتا قیامەت.

هەروەها مرۆڤەکان بە بۆنەی شەیتانەوە هەندێکیان دەبن بە دوژمنی هەندێکی تریان واتە بەهەڵنانی شەیتان هەمیشە بەرەی ئادەم لە یەك دەخوێنن‌و ناکۆکن ئایەتەکە هەردووك مانا هەڵدەگرێت‌و هەردوویشیان راستە شەیتان هەرگیز ئاشتی لەگەڵ بەنی ئادەمدا ناکات تا رۆژی قیامەت‌و هەمیشە خەریکی دروست کردنی ئاشۆب‌و ناکۆکیە، بە داخەوە زۆربەی نەوەی ئادەمیش دڵی شەیتان ناشکێنن. هەندێك دەڵێن: کەئەمانە پێکەوە نەهاتنە خوارەوە ئادەم کەوتە سەر زەوی هندو حەوا کەوتە سەر زەوی حیجاز، ئینجا هەستیان کرد کە تاوان‌و خراپەیان کردوەو لە فرمانی خودا دەرچوون، بۆیە وا کەوتنە ئەم رۆژە رەشەوەو دانیان بە هەڵەی خۆیاندانا، ئەوسا سۆزو میهرەبانی ﷲ ئەوانی گرتەوەو تەوبەی لێ وەرگرتن‌و رێنمایی کردن کە چی بڵێن، وەك دەفەرموێ:

(٣٧) ئەوسا لە لایەن خوداوە ئادەم چەند وشەیەکی پێگەیشت‌و تێیگەیاندکە بەو چەند وشانە بپاڕێتەوە، بە راستی ئەو هەر خۆیەتی زۆر تەوبە وەرگرو زۆریش بە رەحم‌و میهرەبانە.

جا ئادەمیش جارێکی تر هاتەوە سەر راستە شەقام‌و بە دڵێکی پاکەوە رێنماییەکانی پەروەردگاری ئەنجام داو تەوبەی کرد جا خوداش ئەوتەوبەیەی لێ وەرگرت وکردی بەپێغەمبەریش، ئەم بەسەر هاتە وای کرد کە ئادەم بزانێ کە دوژمنی هەیە و دوژمنەکەیشی هەمو فرت‌و فێڵ‌و درۆیەك بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی لە خشتەی بەرێت.

(توّاب) واتە تەوبە وەرگر، ئەو زاتەی کە بەندەکانی چەندە تاوان بکەن مادام بگەرێنەوەو تەوبە بکەن لێیان وەردەگرێت، ئەم ناوەی پەروەردگار لە قورئاندا بە شێوەکانیەوە دوانزەجار هاتوە، کۆتا شوێنێکیش لە قورئان دا کە ئەم ناوەی تێدا هاتبێت ئایەتی سێهەمی سورەتی "نصره".

﴿ٱلرَّحِيمُ﴾ واتە زۆر بەرەحم‌و میهربانەو ئەوزاتەی کە سۆزو بەزیی دەنوێنێت بۆ بەندەکانی بەتایبەت بۆ باوەڕداران، ئەم ناوە لە قورئاندا بەشێوەکانیەوە سەدوپانزە جار کە

قُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ مِنْهَا جَمِيعًا ۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَن تَبِعَ
هُدَاىَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَآ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٣٩﴾
يَـٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَوْفُوا۟ بِعَهْدِىٓ
أُوفِ بِعَهْدِكُمْ وَإِيَّـٰىَ فَٱرْهَبُونِ ﴿٤٠﴾ وَءَامِنُوا۟ بِمَآ أَنزَلْتُ
مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُمْ وَلَا تَكُونُوٓا۟ أَوَّلَ كَافِرٍۭ بِهِۦ ۖ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِى
ثَمَنًا قَلِيلًا وَإِيَّـٰىَ فَٱتَّقُونِ ﴿٤١﴾ وَلَا تَلْبِسُوا۟ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَـٰطِلِ
وَتَكْتُمُوا۟ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٤٢﴾ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟
ٱلزَّكَوٰةَ وَٱرْكَعُوا۟ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ ۞ أَتَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبِرِّ
وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَـٰبَ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٤٤﴾
وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَـٰشِعِينَ
﴿٤٥﴾ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَـٰقُوا۟ رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿٤٦﴾
يَـٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّى فَضَّلْتُكُمْ
عَلَى ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٤٧﴾ وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا لَّا تَجْزِى نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْـًٔا وَلَا
يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَـٰعَةٌ وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤٨﴾

دوانزە جاری لەم سورەتەدایە هاتوە بەڵام لە ئایەتی سەدوبیستو هەشتی تەوبە ئەم وەسفە بۆ پێغەمبەرمان بەكار هاتوە، كۆتا شوێنێكیش لە قورئان دا كە ئەم ناوەی تێدا هاتبێت ئایەتی بیستەمی سورەتی "موزەمیلە".

ئینجا لەسەر ئەم وشانە ناكۆكی هەیە هەندێك دەڵێن: ئەوەبوو كە ئادەم فەرمووی: خوایە ئایا تۆ منت دروست نەكردوە؟ ئایا لە روحی خۆتت پێ نەداوم؟ فەرمووی: بەڵێ، ئینجا ئادەم فەرمووی: داوای لێخۆشبوونت لێ دەكەم. وە هەندێكی تر دەڵێن: ئایەتی بیستوسێی ئەعرافە كەدەفەرمووێ: ﴿ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ / ئەو دووانە وتیان: ئەی پەروەردگارمان ئێمە لەخۆمان ستەممان كردوە و ئەگەر تۆ لێمان خۆش نەبیتو رەحممان پێ نەكەیت بەدڵنیاییەوە ئێمە لەزیان لێ كەوتوانین ﴾

بەراستی ئەم داستانەی ئادەمو بەهەشتو دوژمنی شەیتانە وانەیەكی زۆر گرنگی كردەوەیی بو بۆ ئادەم، تا دوژمنی راستەقینەی خۆی بناسێتو چاوو دڵو مێشكو دەرونی بكاتەوەو ئاگای لە خۆی بێت، ئەوە بوو كە ئیتر بەرهەڵستی مرۆڤ گەیشتە ئەو پلە بەرزەی كە بە هەزاران پێغەمبەرو بە ملیار شەهیدو پیاو چاكی لێ هەڵكەوتوە، واتە: ئادەمی دروستكراو بۆزەوی وا بە كۆمەڵێك لە زانیاری پێویستەوە بۆ جێنشینی دابەزیو ﷲ فەرمووی:

(٣٨) وتمان هەموتان دابەزن جا هەر كاتێك لە لایەن منەوە رێنمایيو بەرنامەتان بۆ هات ئەو كاتە ئەو كەسەی كە پەیرەوی رێنمایی منی كرد سا ئیتر ترس مانای نیە بۆ ئەوانوئیتر خەم ناخۆن. ئەمە ئەوەمان تێدەگەیەنێ كە ترس نابێ لە دڵو دەرونی خاوەن باوەڕاندا جێگای ببێتەوەو نابێ بترسن، لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین كە ترسان دوو بەشە: بەشێكیان چاكەو حەقە ببێت كە بریتیە لە ترسان لە خوای خاوەن دەسەڵات، بەشەكەی تر قەدەغەو تاوانە كە بریتیە لە ترسان لە غەیری ﷲ كە رۆزی یان تەمەنت كەم كاتەوە ئەوەش بزانە كە ترسانی فیتری بە تاوان ناژمێردرێت وەك ترسان لە مار یان حەشاردان لە گوللەو دوژمن، بەڵام ئەبێ باوەڕی هەبێت كە كاریگەری سەرەكی تەنها خوایەو بەبێ خواستی ئەو مو لە مو ناترازێت. مەبەستی ئەم ئایەتە بەشی دووهەمەو هەر خوایش زانایە. جا كەسێك كە رێگای هیدایەتی گرت با نەترسێ لە شەیتانو باقی دوژمنانی ﷲ كە مرۆڤن چونكە ئەوانە ناتوانن یەك تۆز لە رزقی كەم كەنەوەو ناشتوانن هیچی بۆ زیاد بكەن، وە ناتوانن ئەجەلی بێننە پێشەوەو ناشتوانن تەمەنی مرۆڤ درێژ بكەنەوە. خۆ ئەگەر بیانەوێ زیانی لێ بدەن یان سوودی پێ بگەیەنن ناتوانن مەگەر شتێك ﷲ خۆی قەراری دابێت. بەڵێ بە راستی ئەو كەسانەی كە بەراستی رێنماییو بەرنامەی خوایان وەرگرت ئاوا لەو هەموو پەرستراوە هیچو پووچانە رزگاریان دەبێو خۆی بە ئازادو سەرفەراز دەزانێو لە لای خوایش هەر وایە.

(٣٩) بەڵام ئەو كەسانەی كە كافرو بێ باوەڕن بون بە نیشانەكانی ئێمە ئەوانە هاوڕێ ودۆستانی دەستەملی ئاگرنو بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوەو رۆژێ لە رۆژان رزگاریان نابێت.

جاناشکرا بو کە تەنها دوو ڕێگا هەیە. ڕێگای ڕاستو ڕێگای چەوت، تەنها دوو بەرنامە هەیە حەقو ناحەق، ئەگەر پەیڕەوی ڕێگای حەق بوین ئەوە چاکەو پاداشەکەشی بەهەشتە، ئەگەر پەیڕەوی ڕێگای ڕاست نەبوین ئیتر گومراهیە و سزاکەیشی دۆزەخە وەك دەفەرموێ: ﴿ پاش ڕاستی بێجگە لە گومراهی شتێکی تر نیە﴾یونس: ٣٢.

(٤٠) ئەی کوڕانی یەعقوب، بیر بکەنەوە لەو نیعمەتانەی من کە ڕژاندم بە سەرتاندا کە گەورەترینیان ڕزگار کردنتان لە فیرعەون بوو، وە بەو وەعدو پەیمانەی کە داوتانە بە من وەفا بکەن منیش وەفا دەکەم بەو عەهدەی خۆم کە داومە بە ئێوە،وە تەنها لە من بترسن. واتە ئەی کوڕانی بەندەی صاڵحی خوا ئا بەم ناوە جوانە بانگیان دەکات تا بەڵکو کەمێك بیر بکەنەوە لە حاڵی خۆیانو لەو سەرکەشیو خراپەکارییە واز بهێنن، دەڵێن ئەو عەهدو پەیمانەی کە لە تەوراتو ئینجیل دا بۆیان باس کراوە کە ئەگەر ئێوە پەیڕەوی دینی الله تان کرد منیش خۆشبەختی دنیاو قیامەتتان دەدەمێ. لێرەدا دەبێ دیقەت بکەین کە الله نەیفەرمووە ﴿ فَارْهَبُونِي﴾ لە من بترسن بەڵکو فەرمویەتی: (وَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ)پێش خستنی مەفعولەکە کە (وَإِيَّايَ)بۆ حەسرە واتە تەنها لە من بترسن.

(٤١) وە باوەڕ بێنن بەوەی کە من دام بەزاندوەکە قورئانە بۆ پێغەمبەر، کە ئەو قورئانە دان دەنێ بەوەی کە لە لای ئێوەیەو دژی نیەو دەڵێ کاتێ خۆی شتێکی ڕاستو حەق بوە، بەڵام ئێستا گۆڕیوتانە،وەلەناو گاورو جولەکە دا ئێوە یەکەم کافر مەبن بەم قورئانەو بە پێغەمبەر ﷺ

(ها)ی (بە) دەگونجێت بۆقورئان یان بۆ پێغەمبەرﷺ بچێتەوە، وە نەکڕنو نەگۆڕنەوە بە نیشانەکانی من بەهرەیەکی کەم، مەبەست ئەوە نیە کە ئەگەر نرخەکەی زۆر بوو دروستە لە ڕاستیدا ئەگەر هەمو دنیا بە یەك ئایەتی قورئان بکڕی زیانت لێ کەوتوە، چونکە لە لای خوای گەورەئەم دنیایە هەر هەموی بە ئەندازەی یەك زەرە ئەرزشی نیە وەك پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {لَوْ كَانَتِ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ/رواه الترمذي وصححه الالباني/ ئەگەر ئەم دنیایە لە لای الله بە ئەندازەی پەڕی مێشوولەیەك کێشو ئەرزشی هەبوایە خودا یەك قومە ئاوی لەم جیهانەدا بەکافر نەدەدا} دەی ئیتر تەنها لە من بترسن وەلە کەسی تر نەترسن.

(٤٢) حەقو ناحەق تێکەڵ مەکەن و حەق بشارنەوە لەگەل ئەوەشدا ئێوە دەزانن کە ئەم دینە حەقو ڕاستە. نەڵێن گاورو جوولەکە هەروەکو ئیسلامن، نەخێر وەکو یەك نین، ئەو دووانە ناحەقنو ئیسلام حەقە. بزانە هەمو پێغەمبەران هەر یەك لە زەمانی خۆیدا پەیمانیان لێ وەرگیراوە کە پێغەمبەرێك بەم ناوونیشانە دێت دەبێ باوەڕی پێ بهێننویارمەتی بدەن. کەوابو هەمویان زانیویانە کەپێغەمبەر دێتوچاکیشیان ناسیوە، ئەوەبو جووەکان دەیان وت: بە جەماعەتی مەدینە پێغەمبەرێك دێت ئێمە دوای دەکەوینو هەموتان دەکوژین، بەڵام کاتێ کەپێغەمبەری خوا هاتو گەیشتە لایان ذانیان پێدا نەنان، هەر لە بەر ئەوەی کە لە خۆیان نەبوو حەسودییان بەوان دەبرد ئەگینا هەمویان دەیان ناسیو دەیانزانی کە ئەوە پێغەمبەری خوایە.

(٤٣) ئەو پێنج نوێژە جێ بە جێ بکەنو زەکات بدەن لەگەڵ ئەو کەسانەی کەوا گەردن کەچن بۆ فرمانی خواو نوێژدەکەن ئێوەش گەردن کەچو فەرمانبەرداری الله بن. ﴿ رکوع﴾ چەمینەوەیە. لێرە ماناکەی گشتی ترە، بە مانای گەردەن کەچیە بۆ الله ئیتر هەموو شتەکانی تر دەگرێتەوە، وە ئەگەر بە مانای رکوعی ناو نوێژبێت ئەمە پێ دەوترێت ﴿ تخصيص﴾ لە پاش ﴿ تعميم﴾ چونکە لە پێشەوە فەرمویەتی: نوێژ بکەن دەش گونجێ مەبەست نوێژی جەماعەت بێت واتە نوێژەکانتان بەجەماعەت بکەن.

(٤٤) ئایا ئێوە فرمان دەکەن بە خەڵك بۆ چاکەکردن وئەنجامدانی شتی پەسەندو جوان بەڵام خۆتانتان لە بیر چووەتەوە، وە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێوە کتێب دەخوێننەوە کە ئینجیلو تەوراتە.

ئایا عەقڵتان نیە، دەی بۆ بیر ناکەنەوە؟!وەك لە فەرمودەدا هاتووە کە: {يُؤْتَى بِالرَّجُلِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيُلْقَى فِي النَّارِ فَتَنْدَلِقُ

أَقْتَابُ بَطْنِهِ فَيَدُورُ بِهَا كَمَا يَدُورُ الْحِمَارُ بِالرَّحَى فَيَجْتَمِعُ إِلَيْهِ أَهْلُ النَّارِ فَيَقُولُونَ يَا فُلَانُ مَا لَكَ أَلَمْ تَكُنْ تَأْمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَى عَنْ الْمُنْكَرِ فَيَقُولُ بَلَى قَدْ كُنْتُ آمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَلَا آتِيهِ وَأَنْهَى عَنْ الْمُنْكَرِ وَآتِيهِ/ مسلم/ لەرۆژی قیامەتدا پیاوی زاناو دیاری وادەهێنرێت، جا فڕە دەدرێتە ناو ئاگرەوە ئەوسا ریخۆڵەکانی ناوسکی دێنە دەرەوە و لەناو ئاگری جەهەننەمدا دەیسوڕێنێتەوە هەروەك چۆن کەر بەرداش دەسوڕێنێتەوە ئەو کاتە خەڵکی دۆزەخی لەدەوری کۆدەبنەوە جا دەڵێن: ئەی فلانە کەس ئەوە بۆ وایت ئەی تۆنەبویت فرمانت دەکرد بەچاکەو بەرگریت دەکرد لەخراپە؟! دەڵێ بەڵێ راستە من دەم وت: چاکە بکەن بەڵام خۆم نەم دەکرد، وە دەم وت: خراپە مەکەن بەڵام خۆم دەمکرد}.

پێویستە ئەوەش بزانین کە ئەمانە خوێندەوار بوون، بەڵام بە زانینەکەی خۆیان کاریان نەکردوە.ﷲ دەفەرموێ: ﴿ بۆ دەیڵێیت ئەوەی کەخۆت نایکەیت؟﴾سف/٢.

بۆ خۆتت لە بیر چووەتەوە؟! پاش ئەوەی کە مرۆڤ ئایینەکەی خوای وەرگرت ئاشکرایە ئەرك دەکەویتە سەرشانیو سەختیو گرفتاری روی تێدەکات بۆیە باسی دەرمانی ئەم ناڕەحەتیو گرفتاریانەمان بۆدەکاتو دەفەرموێ:

٤٥ بۆ ئاسانکردنی ناڕەحەتیو گرفتارییەکانتان داوای یارمەتی بکەن بە خۆگریو بەنوێژ، جا بێگومان کە ئەو ئیشە زۆر گەورەیەوسەختە ئەنجامدانی مەگەر لەلای ئەو کەسانەی کە خۆیان بەزل نازاننو گوێڕایەڵو گەردن کەچی پەروەردگارن.

ئارام گرتنو خۆگری سێ جۆرە :

یەکەم: ئارام گرتن لەسەر نەکردنی گوناح. دووهەم- ئارام گرتن لەسەر ئەنجامدانی عیبادەت. سێهەم- ئارام گرتن لەسەر تەنگو چەڵەمەو هەر کێشەیەك کە روودەدات. ئەم سێ جۆر ئارام گرتنە هەیە، هەر کەس خۆی گرت لەسەر ئەم سیانە ئینجا بەرهەمێکی گەورەو خۆشی بێژماری دەست دەکەوێت وەك دەفەرموێ:﴿ ئارام گران هەر پاداشتی بێ ژماریان هەیە﴾زومەر/١٠. وتراوە " ئارام گرتن تاڵە بەڵام بەرەکەی شیرینە" لە هەمو خۆشتر ئەمەیە کە ﷲ لەگەڵ صابیروئارامگران دایە. کەواتە دەرمانی یەکەم بۆ ئاسانکردنی گرفتارییەکانمان خۆگریە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ مِن وَرَائِكُم زَمَانَ صَبرٍ لِلْمُتَمَسِكِ فِيهِ أَجْرُ خَمْسِينَ شَهِيداً مِنْكُم /الطبراني، صححه الالباني/ بێگومان لە پاش ئێوە کاتی خۆگریەك دێت کە هەر کەسێك لەو کاتەدا خۆ بگرێت پاداشتی پەنجا شەهیدی ئێوەی هەیە}

وە هەروەها دەفەرموێ:

{وَمَنْ يَتَصَبَّرْ يُصَبِّرْهُ اللَّهُ وَمَا أُعْطِيَ أَحَدٌ عَطَاءً خَيْرًا وَأَوْسَعَ مِنْ الصَّبْرِ/متفق عليه/ ئەوەی کە خۆڕاگر بێت ﷲ سەبرو خوراگری بۆ ئاسان دەکاتو تەوفیقی دەدات، وە هیچ کەسێك بەخشینێکی چاکترو فرەوانتری لە خۆراگری پێنەدراوە}

جا دەرمانی دووهەمی سەختیەکان؛ بریتیە لە نوێژ کردن. کاتێ کە مرۆڤ توشی تەنگو چەڵەمە بوو نوێژەکەی رێكو پێك بکاتو بزانێ بۆچی دەیکات؟ وە بزانێ بەرامبەر بەکێ وەستاوەو بۆچی وەستاوە؟ گرفتاریەکەی لەلا ئاسان دەبێتو دڵی فەرەح دەبێت. لە ریوایەتدا هاتوە کەهەر کاتێ پێغەمبەرﷺ دەکەوتە ناڕەحەتیو گرفتاریەوەو تەنگو چەڵەمەیەك یەخەی دەگرت دەی فەرمو: {يَا بِلَالُ أَقِمْ الصَّلَاةَ أَرِحْنَا بِهَا /ابوداود، صححه الالباني/ واتە ئەی بیلال هەڵسە قامەتی نوێژ بکە وبەو کەیف خۆشمان بکە}

بەردەوام بوون لەسەر پێنج نوێژ هەمو رۆژێ تا مرۆڤ لە ژیاندایە شتێکی گەورەیەو بەرهەمێکی زۆر گەورەیشی هەیە، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا قَامَ إِلى الصَّلاةِ الْمَكْتُوبَةِ أُتِيَ بِذنُوبِهِ كُلِّهَا فَوُضِعَتْ عَلَى عَاتِقِهِ فَكُلَّمَا رَكَعَ أَو سَجَدَ تَسَاقَطَتْ عَنهُ / البيهقي، صححه الالباني / بێگومان کاتێك کە بەندە هەڵدەسێت بۆ نوێژێکی واجب هەمو گوناهەکانی دەهێنرێت، جا لەسەر هەردوو شانی دایدەنێن ئینجا هەر کات چوە کرنۆش یان سوجدەی برد گوناهەکانی لێدەکەونە خوارەوە} چونکە نوێژ هێڵێکی راستەو خۆیە لەگەڵ خواداو ئەرکێکی زۆر قورسە مەگەر لەلای ئەو کەسانەی کە گەردن کەچن بۆ فرمانی ﷲ، ئەوان لایان

وَإِذْ نَجَّيْنَٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ
يُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ
مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿٤٩﴾ وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ ٱلْبَحْرَ فَأَنجَيْنَٰكُمْ
وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٠﴾ وَإِذْ وَٰعَدْنَا مُوسَىٰٓ
أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ
﴿٥١﴾ ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٢﴾
وَإِذْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿٥٣﴾
وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُم
بِٱتِّخَاذِكُمُ ٱلْعِجْلَ فَتُوبُوٓا۟ إِلَىٰ بَارِئِكُمْ فَٱقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ ذَٰلِكُمْ
خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ
﴿٥٤﴾ وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً
فَأَخَذَتْكُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٥﴾ ثُمَّ بَعَثْنَٰكُم مِّنۢ
بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٦﴾ وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ
ٱلْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ۖ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا
رَزَقْنَٰكُمْ ۖ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٥٧﴾

ناسانەو بە ئەنجامدانی نارەحەت نین بەڵکو پێیان خۆشە.

کامانەن خاشع؟

﴿٤٦﴾ ئەوکەسانەن کە یەقینیان هەیەو بێگومانن کە دەگەن بە پەروەردگاری خۆیانو دڵنیان کە هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوەو بەرهەمی کردارەکانی خۆیان وەردەگرن.

﴿ظَنَّ﴾ لێرە بە مانای یەقینە.

﴿٤٧﴾ دووبارە خوای گەورە بە نەوەکانی یەعقوب دەفەرموێ: ئەی کوڕانی یەعقوب، بیر کەنەوە لەو نیعمەتانەی من کە ڕژاندم بە سەرتاندا، بێگومان من ئێوەم بەرز کردەوەو ڕێزی ئێوەم دا بە سەر خەڵکی سەردەمی خۆتان داو لەخۆتان ئەو هەموو پێغەمبەرانەم بۆ ڕەوانە کردن.

﴿٤٨﴾ جا بترسن لە ڕۆژێك کە هیچ نەفسێك سوود نادات بە نەفسێکی ترو، هیچ تکا کارییەك وەرناگرێتو لە هیچ نەفسێکیش بەرتیلێك وەرناگیرێتو ئەوان یارمەتی نادرێن. مەبەست لە شەفاعەت لێرە شەفاعەت بۆ کافرانە، ئەگینا پێغەمەرمانﷺ شافیعە بۆمان بە فەرمودەی دروست، بەڵام بەو مەرجەی دەبێ خۆشمان ئیشێکی وامان کردبێت کە شایستەی شەفاعەتی پێغەمبەرﷺ بین، واتە: پەیڕەوی بەرنامەی پێغەمبەرمانﷺ کرد بێتو ڕێبازی ئەومان گرتبێت، بەڵام لە کەمو کوڕیەك کە هەمانە بە بێگومان پێغەمبەرﷺ شەفاعەتمان بۆ دەکات. ئەوانەی کە شەفاعەتیان بۆ ناکرێت کەسانێکن کە باوەڕیان بە قیامەت وبە زیندوبونەوە نیەو هیچی بۆ ئەو ڕۆژە نەکردوە، بێگومان ئەو ڕۆژە هیچ کەس شەفاعەتی بۆ ناکات.

ئینجا ئەو کەسەی باوكو باپیری پیاوی چاك بوون، بەڵام خۆی گوێ ناداتە ئایینو پێی وایە باوك وباپیری ڕزگاری دەکەن یان ئەو کەسانەی کە تاوان دەکەنو چاوەڕێی شەفاعەتن بەراستی هەڵەن چونکە دەبێ مرۆڤ کرداری چاك بکاتو ترسی دوا ڕۆژی هەبێت ئینجا چاوەڕێی شەفاعەتو ڕەحمی ﷲ بکات. نەك هەر خەریکی تاوان کردن بێت بە تەمای شەفاعەت چونکە تاوان کردن وەك ئەوە وایە بڵێ من ژەهر دەخۆم چونکە دکتۆر هەیە؟! ئینجا کێ دەڵێ ئەگەر ئەو کابرایە ژەهری خوارد دەگاتە دکتۆر وە یان ئەو دەرمانە سوودی دەبێ بۆی؟

ئینجا خوای گەورە چەند نیعمەتێکی خۆیو چەند نالەبارییەکی پێشینەکانی ئەوان دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی کە بیر بکەنەوەو دەفەرموێ:

﴿٤٩﴾ جا بیر کەنەوە لەو کاتەی کە ئێوەمان ڕزگار کرد لە ئالی فیرعەون کەئەوان جۆرەها سزایان بە ئێوە دەچەشتو کوڕەکانتانی سەر دەبڕین وژنەکانتانی دەهێڵانەوە، تاکو بیانکەن بە کەنیزەو خزمەتکار بە ڕاستی ئا لەوەدا بەڵایەکی زۆر گەورەی خوا بوو بە سەر ئێوە وە بە هۆی ئەو خراپە کاریەی کە کردوتانە.

﴿٥٠﴾ وە بیری لەو کاتە بکەنەوە کە دەریامان بۆ لەت کردن، جا ئێوەمان ڕزگار کردو ئالی فیرعەونمان خنکاند لە کاتێکدا کە ئێوە سەیرتان دەکردن، ئەگەرچی ئەم ڕوداوە ئەوان نەیان بینی بوو، بەڵام خوای گەورە هەواڵەکە دێنێتەوە بەر چاویان چونکە بابو باپیری ئەوان بوونو ئەوانیش لە تەوراتدا ئەم باسانەیان زۆر خوێندۆتەوەو باسەکەیان زۆر باش زانیوە هەروەك ئەوەیەکە لە بەر

چاویان بێت چونکە ئەگەر وانە بوایە بە دڵنیاییەوە رەخنەیان دەگرت.

(٥١) ئەی محمدﷺ بۆیان باس ئەو کاتەی کە بەڵێنمان دا بە موسا کە بێت بۆ لامانو چل شەو بمێنێتەوە لە پاش ئەوەی کە موسا چوو، ئێوە گوێرەکەتان پەرستو ئێوە ستەمکارن.

کەسێکیان لە ناو دا بوو بە ناوی سامری، ئەو هاتو لە خشڵو ئاڵتونو جەواهیراتێ کە ئەوان بە غەنیمەت دەستیان کەوت بو لە چاڵێکدا تواند بوویانەوە تا بزانن چ بڕیارێکی لەسەر دەدرێت پەیکەری گوێرەیەکی لێ دروست کرد لە کاتێکدا کە جبرائیلی دی بو لە ژێر پێی (بۆراق) دا کە جبرائیل سواری ببو کەمێك خاکی هێناو کردیە دەمی ئەو پەیکەرەو دەنگێکی لێوە هات هەر کە ئەم دەنگە هات، ئینجا سامری بانگی کردنو وتی: ئەمە خوای ئێوەو موسایەو موسا لە بیری چووە، ئینجا هاروون زۆری ئامۆژگاری کردن کە ئەمە هیچی لە تواناد‌ا نیەو ناتوانێ وەڵامتان بداتەوەو تاقی دەکرێنەوەو شتی وا نەکەن، وتیان نەخێر ئێمە لەسەر ئەمە لاناچین تا موسا نەیەتەوە.

(٥٢) لە پاشان ئێمە لە پاش ئەو تاوانەش لێیان خۆش بووین بۆ ئەوەی کە سوپاسی ﷲ بکەنو دەست لە دژایەتی پێغەمبەران بکێشنەوە.

(٥٣) باس بکە ئەی محمدﷺ کاتێ کە ئێمە کتێبو فورقانمان دا بە موسا بۆ ئەوەی کەرێگەی هیدایەت بگرن تاکو بەختەوەر بن. ئێمە ئەو هەمو نیعمەتانەمان بە سەر دا ڕژاندن، بەڵام بە داخەوە جولەکە لەم هەمو نیعمەتانەی ﷲ خۆیان کوێر کرد.

(٥٤) باس بکە بۆیان ئەی محمدﷺ کاتێ کەموسا گەڕایەوەو پێی وتن بە راستی ئێوە زوڵمتان لە خۆتان کردوە بەوەی کەوا گوێرەکەتان کردوە بە خوای خۆتان، سا بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان جا خۆتان بکوژن یان یەکتر بکوژن.

دەگونجێ لەو سەردەمەدا مەرجی تەوبە ئەوە بووبێ هەتا خۆیان نەکوژتایە ﷲ تەوبەی لێ قەبووڵ نەکردنایە، بەڵام ﷲ بە لوتفی خۆی ئەم بارە سەختەی لەسەر ئەم ئوممەتە

وَإِذۡ قُلۡنَا ٱدۡخُلُواْ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةَ فَكُلُواْ مِنۡهَا حَيۡثُ شِئۡتُمۡ رَغَدٗا
وَٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا وَقُولُواْ حِطَّةٞ نَّغۡفِرۡ لَكُمۡ خَطَٰيَٰكُمۡۚ
وَسَنَزِيدُ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٥٨﴾ فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ قَوۡلًا
غَيۡرَ ٱلَّذِي قِيلَ لَهُمۡ فَأَنزَلۡنَا عَلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ رِجۡزٗا مِّنَ
ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ ﴿٥٩﴾ ۞ وَإِذِ ٱسۡتَسۡقَىٰ مُوسَىٰ
لِقَوۡمِهِۦ فَقُلۡنَا ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡحَجَرَۖ فَٱنفَجَرَتۡ مِنۡهُ
ٱثۡنَتَا عَشۡرَةَ عَيۡنٗاۖ قَدۡ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٖ مَّشۡرَبَهُمۡۖ كُلُواْ
وَٱشۡرَبُواْ مِن رِّزۡقِ ٱللَّهِ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ ﴿٦٠﴾
وَإِذۡ قُلۡتُمۡ يَٰمُوسَىٰ لَن نَّصۡبِرَ عَلَىٰ طَعَامٖ وَٰحِدٖ فَٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ
يُخۡرِجۡ لَنَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلۡأَرۡضُ مِنۢ بَقۡلِهَا وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا
وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَاۖ قَالَ أَتَسۡتَبۡدِلُونَ ٱلَّذِي هُوَ أَدۡنَىٰ
بِٱلَّذِي هُوَ خَيۡرٌۚ ٱهۡبِطُواْ مِصۡرٗا فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلۡتُمۡۗ
وَضُرِبَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلذِّلَّةُ وَٱلۡمَسۡكَنَةُ وَبَآءُو بِغَضَبٖ مِّنَ
ٱللَّهِۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ كَانُواْ يَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقۡتُلُونَ
ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّۗ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ ﴿٦١﴾

هەڵگرتوە. یان با چاکەکانتان خراپەکانتان بکوژن، ئینجا ﷲ تەوبەتان لێ قەبوڵ دەکات، ئا ئەمە چاکە بۆتان لە لایەن ئەو پەروەردگارەی کە ئێوەی دروستکردوە جا ئەگەر واتان کرد ئەوسا خوای گەورە تەوبەتان لێ قەبوڵ دەکات بە راستی ﷲ تەوبە وەرگرەو وزۆر بەسۆزە بۆ بەندەکانی خۆی.

ئەمە هەموی سۆزو نیعمەتی ﷲ یە کەپیشانیان دەدات بۆ ئەوەی کە جوەکان بیر بکەنەوەو واز لەو سەرکێشیە بێننو دژایەتی پێغەمبەرﷺ نەکەن، بەڵکو دوای پێغەمبەرﷺ بکەونو رێگەی راست بگرن.

(بارِئ)واتە ئەوەی کە لە نەبوون شت بەدیدەهێنێت. ئەم ناوەی پەروەردگار دووجار لەم ئایەتەداو جارێکیش لە ئایەتی بیستو چواری سورەتی حەشردا هاتوە.

(٥٥) بیر کەنەوە لەو کاتەی کە وتتان بە موسا باوەڕ بە تۆ ناهێنین هەتا ﷲ بە چاوی خۆمان نەبینین ئەوسا گرمەو دەنگێك هاتو ئێوەی گرتو مردن لە کاتێکدا کە خۆتان تەماشاتان دەکرد.

(٥٦) له پاش ئەو مردنە ئێوەمان زیندو کردەوە بەڵکو ئێوەش سوپاس‌و شوکری ﷲ بکەن لەسەر ئەو هەمو نیعمەتانەی کە ئێمە ڕژاندمان بە سەرتاندا. وەبزانن کە ئێوە ئەوەندە لاوازن کە بەرامبەر بە گرمەیەکی ئاسمان خۆ ناگرن‌و دەمرن باشە چۆن دەتانەوێت پەروەردگاری ئاسمان‌و زەوی ببینن؟

(٥٧) خۆ بە هەوریش سێبەرمان بۆ کردن‌و بارانمان بە سەرتانا گەزوەو باڵندەی شیلاقە - جاوتمان - لەو پاکانەی کە پێمان داون بخۆن، جا ئەوان ستەمیان لەئێمە نەکرد بەڵام ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردوە.

(٥٨) سا بیر بکەنەوە لەو کاتەی کە وتمان بچنە ناو ئەو شارەوە کە فەلەستینە، ئەوسا لە هەر جێگایەکی ئەو شارە کە مەیلتان لێ یە بە فرەوانی‌و بە لێشاوی بخۆن‌و لەو دەرگاوە بە شێوەیەکی گەردن کەچ بۆ ﷲ بچنە ناوەوەو بڵێن: خوایە ئەو تاوانەی کە کردومانە لە سەرمان لابدە، ئێمەش لە گوناهەکانتان خۆش دەبین‌و ئینجا پیاوی چاکتان لێ زۆر دەکەین، وە بە چاکە کاران شتی زیاتر دەدەین. بە شاری گەورە دەوترێت (قریە) وەك بە مەکە دەفەرموێ: (ام القری).

(٥٩) بەڵام لەباتی ئەوەی ئەوان ئەو فرمانە جێ بە جێ بکەن بە پێچەوانەوە ئەو کەسانەی کە زاڵم بوون گۆڕییان ئەو قسەیەی کە ئێمە پێمان وتن.

دەڵێن لە باتی ئەوەی سوجدە بەرن، بە پشتا دەچوونە ناوەوەو لە باتی ئەوەی کە داوا بکەن کە ﷲ لە گوناهانیان خۆش بێت، داوای خۆراکیان دەکرد. واتە ئەمانە کارەکانیان هەمو بە پێچەوانەوە ئەنجام دەدا. بۆیە دوچاری سزا بوون وەك دەفەرموێ: ئەوسا ئێمەش بۆ ئەوانەی کە زوڵمیان کردوە عەزابمان لە ئاسمانەوە بۆ ناردن بە هۆی ئەو فیسق‌و دەرچونیانەوە لە یاسای ﷲ.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {قِيلَ لِبَنِي إِسْرَائِيلَ ادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُوا حِطَّةٌ نَغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ فَبَدَّلُوا فَدَخَلُوا يَزْحَفُونَ عَلَى أَسْتَاهِهِمْ وَقَالُوا حَبَّةٌ فِي شَعَرَةٍ /متفق علیه/ بیژرابە نەوەی یەعقوب لەودەرگاوە کە چونە ژورەوە سوجدە ببەن‌و بڵێن: خوایە ئەو تاوانەی کە کردومانە لە سەرمان لابدە ئێمەش لە گوناهەکانتان خۆش دەبین، کەچی گۆڕییان، جا گۆڕیان بەسکە خشەو بە پشتا چونە ناویەوەو وتیان:دانەیەك لەجۆ}

(٦٠) جا بیر کەنەوە لەو کاتەی کە موسا داوای ئاوی کرد بۆ قەومەکەی، جا پێمان وت: ئەی موسا عاساکەت بدە لەو بەردە موسایش عاساکەی دا لە بەردەکە کتوپڕ لەو بەردە دوانزە سەرچاوەی ئاو هەڵقوڵان‌و هاتنە دەرەوە، ئەوانیش دوانزە بەرەباب بوون، جا هەر بەرەبابەو کانی خۆی پێدرا کە هەمویان دەیانزانی ئاو لە کامیان بخۆن، جا پێیان وترا بخۆن‌و بخۆنەوە لە ڕزقەکەی خواو لەسەر زەویدا فەساد بڵاو مەکەنەوە، خوای گەورە ئەو هەموو نیعمەتانەی بۆ ڕژاندن دەی ئێوەش سوپاسی ﷲ بکەن، هیوادارم خوای گەورە عەقڵ بە ئێمەش بدات‌و بزانین کە ﷲ خاوەنی ئەو هەمو دەسەڵاتەیە کە لە ناو بەردێکی ڕەقدا دوانزە سەرچاوەی ئاو بە سافی دەربێنێ.

ئاشکرایە کە ئەمانە باس کراون لە تەورات داو جوەکانی ئەوسەردەمە زانیویانە ئەگینا دژایەتیان دەکردو پێغەمبەریانﷺ بە درۆ دەخستەوە، بەڵام کە نەیانتوانیوە بە درۆی بخەنەوە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرێتی خۆشەویستمان محمدﷺ چونکە مرۆڤێکی نەخوێندەواری وەك پێغەمبەرﷺ ئەگەر لە خواوە نیە، چۆن ئەو هەمو ڕاستیانە دەزانێت.

(٦١) جا بیر بکەنەوە لەو کاتەی کە وتتان: ئەی موسا ناتوانین ئارام بگرین لەسەر یەك خۆراك‌و هەمیشە هەر یەك جۆر خۆراك بخۆین، جا ئەی موسا تۆ داوا بکە لە خواکەت کەپێمان بدات ئەوەی کە زەوی سەوزی دەکات لە دانەوێڵەی‌و لە ترۆزییەکەی‌و لە سیرەکەی و لە نیسکەکەی‌و لە پیازەکەی. لە باتی ئەو هەمو نیعمەتە گەورەیەی کە خوا پێی دابون لەو نیعمەتە شیرینەو لەو گۆشتە ناسکەو لەو سێبەرە جوانە، کەچی هێشتا ئەوەندە لاسار بون داوای ئەو شتانەیان دەکرد. موسایش وتی: ئایا دەیگۆڕنەوە ئەو شتەی کە زۆر بێ قیمەت‌و سادەیە بەو شتەی کە زۆر چاکە. واتە ئایا سیرو پیازو نیسکتان پێ

گرنگترەو باشترە تا ئەو هەمو نیعمەتە پیرۆزو بە نرخانە کە خوا پێی داون؟ دەی، ئەگەر وایە دەی دابەزن بۆ میسر یان بۆ هەر شارێك دەڕۆن، جا ئەوەی کە داوای دەکەن لەوێ هەیە. لێرەدا شتێك هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، دابەزینی ئەوان بۆ شار لە لایەن موساوە بڕیارێکی نابەدڵییە چونکە ئەگەر پێی خۆش بوایە کە دابەزنە ناو شار هەر لە سەرەتاوە دەیهێنان بۆ شارەوەو لەوێ دایدەنان، چونکە ئەم پێغەمبەرە دەزانێت کە ژیانی شار وایە مرۆڤ کە لە شار بوو خەرجی زیاتری پێویستەو زیاتر دەرامەتی دەوێت تا خەرجی رۆژانەی بکات، بەڵام لە شوێنەکانی دوور بە شێوەیەکی سادە مرۆڤ دەتوانێ خۆی بژیێنێ وە زۆر شتی بە خۆڕایی دەست دەکەوێت وەکو ئاوو ئاگرو زۆر شتی تر، بەڵام کاتێ کە مرۆڤ هاتە شار پێویستی بە دەرامەتی زۆر هەیە کە ئەویش بە بێ رەنج نابێت، واتە: ئەگەر ئەم کۆمەڵە هاتن بۆ شار بە ناچاری سەر گەرمی ئیش‌و کار دەبن‌و ئەرکەکانی خوا پەرستی‌و جیهاد لە بیر دەچێتەوە، بەڵام ئەوان داوایان کردو هەر سوور بوون لە سەری‌و پێیان درا، جا بەڵا روی تێکردن وەك دەفەرموێ: ئینجا سەرشۆڕی‌و فەقیری روی تێ کردن‌و باڵی رەشی خۆی کێشا بە سەریان دا چونکە وەکو وتمان کاتێ کە دابەزینە شارەوە پێویستیان بە پارەو دەرامەت بوو ئەو کاتە لە یەك پەرت‌و بڵاو بوون‌و هێزو قوەتیان لاواز بوو، جا ئیتر هەر کەسەو سەرگەرمی ئیشی خۆیەتی‌و ژیانی خۆی دابین دەکات ئەو کاتە ئەو زاڵمانەی کە دژی ئەوانن زاڵ دەبن بە سەریاندا.

وەئەوە سونەتێکە بۆ هەمو کۆمەڵێك لەسەر ئەم جیهانەدا کاتێ کە رووکەنە دنیا پەرستی دوچاری سەرشۆڕی‌و بێ نرخی دەبن‌و قورئان کە ئەم چیرۆکانەمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆ ئەوە نیە کە تەنها بی خوێنین‌و بخەوین، بەڵکو بۆ ئەوەیە سوودی لێ وەربگرین وە ببێت بە پەند تا بزانین لە چی دا قازانج دەکەین‌و لە کامیان زیان دەکەین، بەڵێ مێژوو دووبارە دەبێتەوە، بەڵام شێوازی بەڵاو کارەساتەکان جیاوازن، وە هەندێ جاریش دەقا و دەق دەردەچێت، بۆیە خوای گەورە لە پایانی چیرۆکەکانەوە زۆر جار وشەیەکی وای هێناوە کە دەگونجێت ئەوەش بۆ تۆ هەبێت

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ
مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ
عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ وَإِذْ
أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ خُذُواْ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم
بِقُوَّةٍ وَٱذْكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّنۢ
بَعْدِ ذَٰلِكَ فَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ لَكُنتُم مِّنَ
ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَوْاْ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ
فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ﴿٦٥﴾ فَجَعَلْنَٰهَا نَكَٰلًا لِّمَا
بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٦٦﴾ وَإِذْ قَالَ
مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُواْ بَقَرَةً قَالُوٓاْ أَتَتَّخِذُنَا
هُزُوًا قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٦٧﴾ قَالُواْ
ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا فَارِضٌ
وَلَا بِكْرٌ عَوَانٌۢ بَيْنَ ذَٰلِكَ فَٱفْعَلُواْ مَا تُؤْمَرُونَ ﴿٦٨﴾
قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ
إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ ﴿٦٩﴾

وەك﴿بێگومان بۆخاوەن عەقڵان ئا لەوەدا پەند هەیە ، بەڵکو فام بگرن بۆ گەلێك کە دەیانەوێ بزان‌و ...﴾ وە دەفەرمووێ:﴿جا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ئەو خراپانەی کە لێمان قەدەغە کردوون ئێمەش دەگەڕێینەوە بۆ لێدان‌و سزاتان﴾ئیسراو/٨. مانای وایە مێژوو دووبارە دەبێتەوە. ئەوەتە جوەکان سەرپێچی فرمانی خواو پێغەمبەرەکەی خۆیانﷺ کرد ئەوەتا خوا دەفەرموێ: ئیتر سەرشۆڕی‌و هەژاری رووی تێ کردن. هەندێك وتویانە ئەم زەلیلیە مەبەستی سەرانە لێ سەندیانە، بەڵام پێم وایە ئەم مانایە لە وشەکەدا هەیە، چونکە زەلیلی‌و سەرشۆڕی روی کردە هەر گەلێك ئیتر ئەوەی کە زاڵە بە سەریاندا هەرچی ویست لەگەڵیاندا دەکات، سەرانە بێت، سزا بێت.....هتد.

ئیتر ئەوانە وەبەر رق‌و قینی خوا کەوتن چونکە خۆیان بە پیریەوە چوون، کە ئەوان بێ باوەڕ بوون بە ئایەتەکانی خواو هەر بە ناحەقی چەندین پێغەمبەریان کوشت، هەتا دەڵێن لە رۆژێکا سی پێغەمبەریان شەهید کردوە چونکە لە سنوور دەرچوون‌و دژایەتی خواو پێغەمبەریان کرد. ئینجا چادری غەزەب بە سەر ئەواندا هەڵدراو ئیتر ئەوان

تا نەگەڕێنەوە بۆ سەر ڕێبازی ڕاستەقینە هەروا دەبن. وشەی (باؤ) بە روتی ناوترێت واتە یان لەگەڵ خێرادا یان لەگەڵ شەڕدا دەوترێ. وەکو لە سورەتی ئالی عیمران دا دەفەرموێ: ئەمانە هەمیشە ئاوا لە زەلیلی دان مەگەر دەست بگرن بە ئاینەکەی خواوەو ببن بە موسڵمان یان ئەوەتا هێزێکی گەورەی مرۆڤ لە پشتیان بێت. وەك ئەمڕۆ کە جیهانی کفر بەرگری لە یەهوودیەت دەکاتو لە ژێر سایەی ئەواندا دەژی، ئەگینا ناژین.

(٦٢) بەبێگومان ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە بە خواو بەپێغەمبەری خواو دوای محمدﷺ کەوتوونو ئەوانەی کە یەهودی بونو شوێنکەوتوی ئاینی موسا بونو ئەوانەی کە گەردن کەچ بون بۆ ئاینی عیساو پەیڕەویان لە ئینجیل کردووەو ئەوانەی کە لایان داوە لە دینە گۆڕاوەکانی سەردەمی خۆیانو رویان کردوەتە ڕێگای ڕاستەقینە لە هەمو زەمانێکدا ئەو کەسەی لەوانە بەڕاستی باوەڕی بوو بێت بە خواو بە ڕۆژی دوایو کرداری چاکی کرد بێت، ئەوسا بۆ ئەوانە لە لای خوای خۆیان پاداشیان هەیەو هیچ ترسیان بۆ نیەو ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا خەم ناخۆن.

دەگونجێ وشەی (یهود) لە یەکێك لەم مانایانەی خوارەوە وەرگیرا بێت، یەکەم یەهود لە (تهود) وەرگیرا بێت بە مانای دۆستایەتیو بورد باری یان یهود بە مانای (تهود) بە واتای تەحەڕوكو جموجۆل یان لە (یهودا) وەرگیرابێت کە گەورەترین کوڕی یەعقوبە یان وشەی یەهود بە مانای گەڕانەوە (الرجوع) بێت وەك دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا هُدْنَآ إِلَيْكَ /الأعراف:١٥٦ / ئێمە گەڕاینەوە بۆ لای تۆ. وە نەصاراش کۆمەڵێك لە جولەکەکان بوون کە باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتی عیسا کردو بانگەوازەکەیان قبوڵکردو عیسایش هاتنی دوایین پێغەمبەری پێ موژدەدابون. وتراوە جوەکان بۆ سوك کردنی عیسا پێیان دەوت "هانصری" واتە سوكو بێ بایەخ، بەڵام عیسا وشوێن کەوتوانی بەم ناوە شانازیان دەکرد، وە وتراویشە چونکە لە شارۆچکەی "ناصرە" دا نیشتە جێبوون پێیان وتراوە "النصاری" ئێستاش بە مەسیحیەکان یان گاورەکان دەناسرێن. وشەی (صابئی) بە مانای لادانە، وتراوە ئەمانە کۆمەڵێك لە

جولەکەن کە شوێنکەوتوی پێغەمبەر یەحیاو باوەڕیان بە هاتنی محمد بوە، جا جولەکەکانی تر زۆر رقیان لێیان بو لەبەر ئەوە بڵاویان دەکردەوە کە ئەمانە ئەستێرە پەرستن تا خەڵك لە بنەمای بانگەوازەکەیان کە باوەڕبوون بە هاتنی محمدﷺ بێ ئاگا بێت دواتر ڕۆمان زۆری لێکردن تا ببن بە گاور بەڵام هەندێ وتویانە بە کۆمەڵێك دەوترێت کە ئەستێرەیان دەپەرست یان مەلائیکەیان دەپەرستو لە دینی یەهودیو نەصارا لایان دابو بەڵام ئەو (صابئی) ەی کە لەم ئایەتەدا هاتووە ئەو (صابئی) نیە بەڵکو بە مانای ئەو کەسەیە کە لە هەر زەمانێکدا لای دا لە ئینحرافو سەرگەردانی بۆ ڕێگای ڕاستی اللهﷻ ، وەك (اصحاب الکهف) کە وازیان هێنا لە دینی باو باپیرانی خۆیان وەك ئەوەی کە بە پێغەمبەری خوایان ﷺ دەوت ﴿ لقد صباء محمد﴾ محمد لای دا، کاتێ کە ئاینی ئیسلامی بڵاو دەکردەوە. لێرەدا ئەم(صابئی)یە بەو مانایە دێت چونکە ناگونجێت بڵێین مەلائیکە پەرست یان ئەستێرە پەرست ڕزگارن.

جا مانای ئایەتەکە بەکورتی ئەوەیە کە ئەوەی کە خۆی بە موسڵمان یان بە یەهوودی یان بە نەصرانی یان بە صابئی داناوە مادام بەڕاستی باوەڕی بوو بێت بە خواو بە ڕۆژی دوایو کرداری چاکی کردبێت ئەوسا بۆ ئەوانە لە لای خوای خۆیان پاداشیان هەیەو هیچ ترسیان بۆ نیەو ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا خەم ناخۆن. لێرەدا دەرکەوت کە خوا چەند بە سۆزو داد پەروەرە کە ناوو ناتۆرەو ناوبانگ دەور نابینێت، بەڵکو ڕاستی دەوری هەیە واتە هەر کەسێك دوای ڕاستیو حەقیقەت کەوت لە هەر زەمانێکدا ناوەکەی هەرچی بێت گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە کە دوای ڕاستیو حەقیقەت کەوت بێت کە ئێستا سەردەمی ئایینو بەرنامەی محمدەﷺ ئەو کەسەی کە دوای قورئانو سوننەت بکەوێتو پەیڕەویان لێوە بکاتو نەیەوێت لابداتو لە بیرو باوەڕیدا چەوتی نەبێت، جا هەر ناوێکی هەبێت ئەو کەسە ڕزگارو خۆشبەختە چونکە ناوەڕۆك دەور دەبینێت نەك ڕواڵەت.

بۆ زیاتر ڕون بونەوە جارێکی تر بەسەر مانای ئایەتەکەدا دێینەوە، لە دوای ئەوەی کە لە ئایەتانی پێشودا اللهﷻ بە خراپە باسی ئەهلی کتێب دەکات ئەو گومانە دروست

دەبێت کە هەمو ئەهلی کتێب بەو شێوەیە خراپەکار ونالەبار بن، جا الله لەم ئایەتەدا بنەمایەك نەك تەنها بۆ ئەهلی کتێب بەڵکو بۆ هەمو گەلان رون دەکاتەوە کە ئەوەش ئەوەیە هەرکام لەوانە ئیمانی هێناوەو کرداری چاکی کردوە ئەوە پاداشتیان لای الله یەو رزگاری دوارۆژ چاوەروانیان دەکات، مەبەست لە ئیمانیش ئەوەیە کە پێغەمبەر لە وەڵامی جبرەئیلدا پێناسەی کردوە کە: {أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ /متفق عليه/ کە باوەرت بە اللهو بەفریشتەکانیو بە پەراوەکانیوبە پێغەمبەرانیو بەرۆژی دوایو بەقەزاو قەدەر بەسودو زیانیەوە هەبێت} ئیبنوعەباس دەڵێت: {مَابَعَثَ اللَّهُ نَبِيًّا إِلَّا أَخَذَ عَلَيْهِ الْمِيثَاقَ لَئِنْ بُعِثَ مُحَمَّدٌ وَهُوَحَيٌّ لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ وَلَيَنْصُرَنَّهُ وَأَمَرَهُ أَنْ يَأْخُذَ عَلَى أُمَّتِهِ الْمِيثَاقَ لَئِنْ بُعِثَ مُحَمَّدٌوَ هُم أَحيَاءٌ لَيُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَيَنْصُرُنَّهُ /البخاري/ الله هیچ پێغەمبەرێکی رەوانە نەکردوە مەگەر ئەوەی کە پەیمانی لێوەرگرتبێت کە ئەگەر محمدﷺ رەوانەکراو ئەویش ئەو کاتە زیندو بێ ئەوا ئیمانی پێبهێنێتو یارمەتی بدات، وە فەرمانیشی پێکردوە کە لە ئوممەتەکەیشی پەیمان وەرگرێت کە ئەگەر محمد رەوانە کراو ئەوانیش ئەوکاتە زیندو بون ئەوا ئیمانی پێبهێننو یارمەتی بدەن. کە ئەمە مانای ئایەتی هەشتاویەکی سورەتی ئالی عیمرانە کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ... ﴾

جا هەمو گەلانی پێشو کە باوەریان بە پێغەمبەرانی کاتی خۆیان بوە باوەریشیان بە هاتنی ئاخرین پێغەمبەری خوا هەبوە جا ئەمانە کە خاوەنی کرداری چاکی بوونو بەگوێرەی ئاینی ئەو کاتەی خۆیان هەڵسوکەوتیان کردوە، پەروەردگار موژدەیان پێدەدات کە پاداشتیان دەداتەوە، بەڵام پاش هاتنی دوا پێغەمبەری خوا هەرکەس باوەری پێنەهێنێتو بە گوێرەی ئەو شەریعەتەی کەئەو هێنایەتی رەفتار نەکات ئەوە بە باوەردار حیساب ناکرێتو جێگای ئاگری دۆزەخە، وەك پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَا يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الْأُمَّةِ يَهُودِيٌّ وَلَا نَصْرَانِيٌّ ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَّا كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ/مسلم وغيره/ سوێند بەو کەسەی کە گیانی محمدی بەدەستە ناوی من بەگوێی هیچ کەس لەم ئوممەتە ناگات چ جولەکە بێت یان گاور، پاشان بمرێتو باوەری بەوەی کە من بۆی رەوانە کراوم نەهێنێت ئەوە لەناو دۆزەخدایە} دووبارە خوای گەورە دەگەرێتەوە سەر رووداوەکانی کورانی یەعقوبو چیرۆکێکی تری کورتمان بۆ دەگێرێتەوەو دەفەرموێ:

(٦٣) بیر بکەنەوە ئەی بەنی ئیسرائیلی کاتێ کە ئێمە لە ئێوە پەیمانێکی بتەومان وەرگرتو کێوی تورمان بە سەرتان دا بەرز کردەوەو پێمان وتن: بەهەمو هێزەوە وەری گرن ئەوەی کە پێمان داونو بیر بکەنەوە لەو شتەی کە تێیدایە، بەڵکو بە هۆی ئەوەوە خۆتان بپارێزن لە غەزەبی الله.

ئەمە رووداوێکی زۆر گەورەیە چۆن کێوێکی وەکو تور خوا بەرزی کردەوە بە سەریانداو لەو کاتەدا بە دەنگێك بانگ کران ئەگەر بێتو ئەم کتێبە بە قوەت وبە هێزەوە وەر بگرن ئەم چیایە ناخەین بە سەرتانداو ئەوانیش پەیمانیان دا کە ئەم کتێبە بە قوەت وبە هێزی خۆمان وەری دەگرینو بیر دەکەینەوە لەو شتەی کە لەو کتێبە دا هاتوە کە تەورات بو بەڵام لە دوای دا لایان دا، پێویستە بیر لەم فرمانە بکەینەوە کە دەفەرموێ: ﴿خُذُواْ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ ؛ وەری گرن ئەوەی کە ئێمە پێمان داون بە قوەتو هێز ﴾ ئەمە تێمان دەگەیەنێ ئەوکەسەی کە ئاینی خوا وەردەگرێتو باوەری بە ئیسلام هەیەو لاوازی دەکاتو دەڵێت: من نوێژ دەکەمو رۆژو دەگرمو هەر ئەوەندەشم پێ دەکرێت ئیتر لەوە زیاتر من چی بکەم؟ ئەم جۆرە قسانە سوودیان نیە، چونکە دین پێویستی بە قوەتو هێز هەیە مرۆڤ کە وەری دەگرێت دەبێ جدی بێت چونکە ئەو خوا گەورەو خاوەن دەسەڵاتە یاری لەگەل خەڵکدا ناکات بەرنامەی بۆ ناردوەو یاسای بۆ داناوە کە وەری بگرێتو پەیرەوی لێوە بکات.

(٦٤) لە پاشان ئێوە پاش ئەو پەیمانە پشتتان تێ کردو بریاری خۆتان نەبردە سەر، جا ئەگەر سۆزو رەحمی خوا نەبوایە بۆ ئێوە بەراستی ئێوە لە ریزی زیانکاران دەبوون، بەڵام خوای گەورە تۆبەی لێ قەبوول کردن.

(٦٥) بە راستی ئێوە زانیوتانە هەواڵی ئەو کەسانەی کە دەست درێژیان کرد لە ڕۆژی شەممەدا جا پێمان وتن: ببن بە مەیمونێکی بێزراوو ناشیرین. جا دەگونجێ (والله اعلم) هەر بووبن بە مەیمون، ئەگەر چی هەندێ بە لایانەوە وایە کە تەبیعەتیان وەکو مەیمون بووە، بەڵێ فڕوفێڵ لە ئاینی خوادا ئەوە تۆڵەیەتی بۆیە پێغەمبەرمان ﷺ ئامۆژگاریمان دەکات‌و دەفەرموێ: { لَا تَرْتَكِبُوا مَا ارْتَكَبَتِ الْيَهُودُ فَتَسْتَحِلُّوا مَحَارِمَ اللَّهِ تَعَالَى بِأَدْنَى الْحِيَل " /صححه الترمذيّ وحسّنه الألباني/ نەکەن ئەو تاوانە بکەن کە جولەکە کردیان کەبە بچوکترین فێڵ حەرامەکانی خوایان حەڵاڵ دەکرد} لە فەرمودەدا هەیە کە لە ئاخیر زەمان دا شتی وا ڕودەدات لەناو ئەم ئوممەتی پێغەمبەرەداﷺ . بە گوێرەی ڕەئی دووهەم مانای ئەم فەرمودەیە هاتوەتە دی چونکە زۆرێك لە خەڵك ڕەوشتی مەیمون‌و بەرازیان هەیە هەروەك مەیمون خەریکی لاسایی کردنەوەی خەڵکن‌و وەك بەرازیش بێ غیرەت‌و بێ عیزەتن‌و ژن‌و کچی خۆیان بەرەڵاکردوە. بۆ ئەوەی کە بزانین ڕۆژی شەممە چی بووە. تەماشا ئایەتی/١٦٣تا١٦٦/ئەعراف بکە.

(٦٦) خۆ ئەم ڕوداوەشمان کرد بە پەند بۆ ئەو خەڵکەی سەردەمی خۆی‌و بۆ خەڵکی پاش ئەو ڕوداوەش تا ئامۆژگاریەکی گرنگ بێت بۆ ئەوانەی کە لە خوا دەترسن.

(نَكَٰلًا) واتە: تۆڵە سەندنەوە لەسەر ئەو خراپەی کە کردیان بۆ ئەوەی ببێت بە پەند بۆ خەڵك. ئینجا داستانێکی ترمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ:

(٦٧) ئەی محمد ﷺ باس بکە بۆیان کاتێ کە موسا بە قەومەکەی وت: بێگومان کە خوا فەرمان بە سەر ئێوەدا دەدات کە مانگایەك سەر ببڕن، وتیان: ئایا گاڵتەمان پێ دەکەی؟ وتی: پەنا دەگرم بە خوا کە من لە نەفامان بم. نەی وت گاڵتە لەگەڵ ئێوەدا ناکەم، خۆ ئەوان نەیان وت: تۆ جاهیل‌و نەزانی ئەوان دەڵێن: گاڵتەمان پێ دەکەیت بەڵام وەڵامی موسا ئەوە دەگەیەنێ کە گاڵتە کردن ئیشی نەفامان، لێرەدا ئەم تێبینیەم هەیە: ئیمڕۆ جیهانی فرت‌و فێڵ‌و سیاسەت گەنجو لاوانێکی زۆری سەرگەرم کردوە بە دەیان جۆر گاڵتەو گەمەی بێ سوود، یان کەم سوودەوە بۆ ئەوان‌و پڕ خێرو خۆشی بۆ سیاسەتمەداران دیارە ئێمە وەکو مرۆڤدۆستی دڵمان بەو شتانە ناخۆشە چونکە لە پشتی پەردەی زۆربەی ئەم گاڵتەو گەمە وە فریو دان ودزینی ژیری خەڵکی غەیرە سیاسی بە تایبەت گەنج‌و لاوان دەبینین‌و لە هەمو سەیرترو جێگای داخی ئێمە ئەوەیە کە ئێمەی موسڵمان خاوەنی بەرنامەو یاسایەکین‌و بە پەیڕەوی کردنی ئەو یاسایە ڕاستی موسڵمانیەتیمان دەر دەکەوێت کەچی هەروەکو بێ باوەڕان دەستیان داوەتە ئەم جۆرە گاڵتەو گەمانەو پارەی موسڵمانیان بۆ سەرف دەکرێت کە زۆربەی ئەم گاڵتەو گەمانە واریداتین‌و نامۆن لە ئیسلامدا لە بەر زۆر شت کە گرنگەکەیان ئەمانەن:

یەکەم . هەرچی لەسەر بردنەوەو دۆڕان بێت بێجگە لە ئەسپ سواری‌و تیرە ئەندازی حەرامەو بە قومار هەژمار دەکرێت لە ئیسلامدا.

دووەم . یاری چیانی گۆڵێن لە ئەژنۆیان بەرەو ژوور کە حەرامە دەرکەوێت‌و تەماشا کراوو تەماشاکەر هەردوو گوناهبارن.

سێهەم . ئێش‌و ئازاردانی موسڵمانان حەرامەو هەر ئەندامێکی بریندار ببێ یان بشکێ یان لە بەین بچێت تۆڵەی تایبەتی خۆی هەیە لە فیقهی ئیسلامدا بۆ نمونە: شکانی ددانێك یان پەنجەیەك پێنج حوشتر خوێنیەتی‌و دەرهێنانی چاوێك پەنجا حوشترە.

چوارەم . ئەم جۆرە یاریانە یاسای کفر دایهێناون‌و ئیسلام دەفەرموێ: {وَخَالِفُوهُم/ دژیان بجولێنەوە} وەدەفەرموێ: {مَن تَشَبَّهَ بِقَومٍ فَهُوَ مِنهُم /ابوداود، الالباني:حسن صحيح/ هەرکەس لە هەڵس وکەوت‌و ئیشی دا خۆی بچوێنێ بە گەلێکەوە لەوان حیساب دەکرێت}

پێنجەم . بە فیڕۆدانی کاتێکی زۆر لە تەمەنی خەڵك بە تایبەت گەنج‌و لاوەکان‌و خاوەن تەلەفزیۆنان کەزۆربەی خەڵکی جیهان دەگرێتەوە.

شەشەم . خەریك بوونە بە شتی پڕوپوچ‌و بێ مەبەستەوە، پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {مِنْ حُسْنِ إِسْلَامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ

مَا لَا يَعْنِيهِ/متفق عليه/ لە جوانی موسڵمانیەتی مرۆڤە وازهێنان لەوەی کە مەبەستی نیە}

حەوتەم ـ ئیسلام سێ یاری گاڵتەو گەمەی بە لاوە پەسەندە : یاری ئەسپ سواریو تیرە ئەندازیو شۆخیو گاڵتەو گەمە کردن لەگەڵ هاوسەردا بێجگە لەم سێیانە ناڕەوایە ولایەنی کەم سەرقاڵ کردنی مرۆڤە لە یادی خوا کە بە راستی ئەمە مەبەستی سەرەکی دروستبونی ئەو یاریو گاڵتەو گەمانەیە. هەشتەم ـ بەنج کردنی مێشکی خەڵکێکی زۆرە بە تایبەت گەنجانو دوور خستنەوەیان لە جیهانی سیاسەت کە بە راستی ئەمەش مەبەستێکی تری دروستبونی ئەو گەمانەیە.

نۆیەم ـ بەڵگەی کەم بیری ئەو خەڵكو گەنجانە یە کە خۆیان بەو شتانەوە سەر گەرم دەکەن پێتان وانەبێ کەسایەتی سیاسی بەوانەوە خۆیان خەریك بکەنو دەشگونجێت کاتی تەماشا کردنی تەلەفزیۆنیشیان هەر نەبێت.هیوادارم لاوان بەگشتی بەتایبەت لاوانی خواناسو ژیر خۆیان لەوجۆرە یاریانە بپارێزن، لەباتی ئەویاریانەدا سەرگەرمی ئەنجامدانی بەندایەتیەکان بن چونکە سەرەڕای ئەوپاداشتە گەورەیەی کەدەستیان دەکەوێتو لەدوارۆژدا لەدادگای خوای گەورەدا پێی سەربەرزن، دڵنیابن کە دەبێ بەمایەی تەندروستی چاكو شادمانی رۆحو دووربون لەنەخۆشیەکانی دڵ تەنگیو خەمۆکی کە ئەمرۆ زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی گرتوەتەوەو رۆژانە دەبنە هۆی روودانی دەیان رووداوی دڵ تەزێن.

دەیەم ـ هەندێك لەو یاریانە کاتێك داهێنرا کە ئەو خەڵکە دژی دوژمنەکانی خۆیان بێجگە لەو مرە مرو قیرە قیرە شتێکی تریان بە دەستەوە نەبوو هەر کەدەستیان بە چەك دەگەیشت ئیتر وازیان لەو مرە مرە دەهێنا، ئەمرۆ ئێمە لە بەر زۆری چەك گیرمان خواردووە، زیندو کردنەوەی ئەو جۆرە یاریانە بێجگە لە بەنج کردنی مێشكو دەماغی گەنجەکان چی سوودێکی گرنگی تری هەیە؟ گاڵتە نیە کە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ/ مسلم وغيره / ئاگاداربن بێگومان هێز بریتیە لەتیرەندازی، ئاگاداربن بێگومان هێز بریتیە لە

قَالُواْ ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ إِنَّ ٱلۡبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيۡنَا وَإِنَّآ
إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهۡتَدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٞ لَّا ذَلُولٞ
تُثِيرُ ٱلۡأَرۡضَ وَلَا تَسۡقِي ٱلۡحَرۡثَ مُسَلَّمَةٞ لَّا شِيَةَ فِيهَاۚ قَالُواْ
ٱلۡـَٰٔنَ جِئۡتَ بِٱلۡحَقِّۚ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٧١﴾ وَإِذۡ
قَتَلۡتُمۡ نَفۡسٗا فَٱدَّٰرَٰٔتُمۡ فِيهَاۖ وَٱللَّهُ مُخۡرِجٞ مَّا كُنتُمۡ تَكۡتُمُونَ ﴿٧٢﴾
فَقُلۡنَا ٱضۡرِبُوهُ بِبَعۡضِهَاۚ كَذَٰلِكَ يُحۡيِ ٱللَّهُ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَيُرِيكُمۡ
ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴿٧٣﴾ ثُمَّ قَسَتۡ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ
فَهِيَ كَٱلۡحِجَارَةِ أَوۡ أَشَدُّ قَسۡوَةٗۚ وَإِنَّ مِنَ ٱلۡحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ
مِنۡهُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ وَإِنَّ مِنۡهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخۡرُجُ مِنۡهُ ٱلۡمَآءُۚ وَإِنَّ
مِنۡهَا لَمَا يَهۡبِطُ مِنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ
﴿٧٤﴾ ۞أَفَتَطۡمَعُونَ أَن يُؤۡمِنُواْ لَكُمۡ وَقَدۡ كَانَ فَرِيقٞ مِّنۡهُمۡ
يَسۡمَعُونَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعۡدِ مَا عَقَلُوهُ
وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿٧٥﴾ وَإِذَا لَقُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا
وَإِذَا خَلَا بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ قَالُوٓاْ أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ
ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ لِيُحَآجُّوكُم بِهِۦ عِندَ رَبِّكُمۡۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿٧٦﴾

تیرەندازی، ئاگاداربن بێگومان هێز بریتیە لەتیرەندازی} هیوادارم موسڵمانان بێنەوە سەر خۆیان، بەراستی ئێمە ئەگەر نوێژەکانمان بە چاکی ئەنجام بدەینو رۆژووە پێویستەکان بگرینو بە شارەزا بوونی چەکەکانی سەردەمەوەو بەکار هێنانیانەوە خۆمان خەریك بکەین بەسمانەو هەر ئەوەش ئیشی موسڵمانانەو هەر بۆ ئەوەش دروست بوین. کاتێك کە موسا وای پێ گوتن، دەرکەوت کە ئەوان قەومێکی لاسار بونو قسەکەیان قەبووڵ نەکرد بەڵکو دەستیان کرد بە رەخنە گرتن.

﴿٦٨﴾ وتیان: ئەی موسا داوا بکە لە پەروەردگارت با رۆشن بکاتەوە بۆمانو بزانین ئەوە چۆن مانگایەکە ؟ وتی: بێگومان کە الله دەفەرموێ: ئەو مانگایە نە پیرەو نە گەنجە، واتە مام ناوەندیە سا بیکەن ئەوەی کە ئەمرتان پێ کراوە، مەوەستنو زیاتر لەسەری مەڕۆن.

﴿٦٩﴾ وتیان: ئەی موسا داوا لە پەروەردگارت بکە بزانە ئەومانگایە رەنگی چۆنە؟ وتی: الله دەفەرموێ: ئەو مانگایە زەردە زەردێکی زۆر زەرد کە سەیرکەرانی کەیفخۆش دەکا. بەوەش وازیان نەهێنا و موسایش ئەمجارە نەی فەرمو دەی

بیکەن دیارە لێیان نائومێد بووە کە جاری یەکەم موسا پێی وتن گوێیان نەدایە، ئەم جارە قسەکەی خۆی دووبارە نەکردەوەو ئەمەش ڕەوشتی مامۆستایە، کاتێك کە قسە لەگەڵ کەسێك دا دەکات پێ دەڵێ فلانە شت بکە لە سەرەتاوە کە بە باشی نایناسێ و هەڵس وکەوتی نازانێ ئەگەر زانی نایکات دووبارەی ناکاتەوە بۆی، واتە: موسا ﷺ جاری یەکەم فەرمووی: ﴿ سا بیکەن ئەوەی کە فرمانتان پێ کراوە ﴾ نەیان کرد، ئیتر ئەم جارە پاش ڕۆشن کردنەوە گوێی نەدانێ، دیسان ملە جەڕەیان کرد، بێگومان ئەو کاتە هەر مانگایەکیان سەر ببڕیایە دروستبو، بەڵام کە خۆیان ئەوەندە پرسیاریان کرد شتەکەیان لەسەر خۆیان گرانتر کرد. .

(٧٠) وتیان داو بکە لە پەروەردگارت با ڕۆشن کاتەوە بۆمان کە بزانین کامەیە ئەو مانگایە بەراستی ئەو مانگایە لێمان گۆڕاوەو بێگومان ئیتر لە هیدایەت دراوان دەبین ان شاء الله و ئەوەش کە فەرمانمان پێکراوە جێ بە جێی دەکەین.

(٧١) موسا ﷺ فەرموی: ﷻ دەفەرموێ: بێگومان ئەو مانگایە ڕام نیەو شت ناکێڵێو جووت ناکاتو ئاویش دەرناهێنێت، بەڵام ساغو سەلیمەو هیچ کەمو کوڕیەکی تێدا نیە وبێ نیشانەیە، وتیان: ئێستا حەقت هێناوەو باش لێی تێگەیشتین، ئەمەش نیشانەی زۆر لاساریانە، واتە: تاکو ئێستا حەقت نەوتووە، ئەوسا سەریان بڕیو نێزیك بوو نەیکەن. واتە کردیان.

وشەی (کاد) ئەگەر هاتوو بە نەفی بوو بە مانای شتەکە کراوە، وەئەگەر بە ئیسبات بوو بە پێچەوانەوە، واتە: نەکراوە. جا دەڵێن ئەم سەربڕینی مانگایە لە بەر ئەم کوژراوەیە کە لەم ئایەتەی دواییەدا باسی دەکات، گوایە زەلامێك کوژراوەو بە ناحەق خراوەتە سەر کەسانێکی بێ تاوانو ئەوانیش لە لای موسا شکایەتیان کردو وتیان: سوێند بێت نە ئێمە کوشتومانەو نە ئاگامان لە بکوژیشی هەیە، ئەی موسا داوا بکە لە ﷻ بۆمان ڕۆشن بکاتەوە، خواش فەرموی: با ئەو مانگایە سەر ببڕنو هەندێکی لەو کوژراوە بدەن زیندوو دەبێتەوە، وەك دەفەرموێ:

(٧٢) وە بیر بکەنەوە لەو کاتەی کە کەسێکتان کوشت، جا ئێوە ناکۆك بوون لە بارەیەوەو هەر یەکەوپاکانەی بۆ خۆی دەکردو ئەی وت: ئەوی تر بووەو ﷻ ئاشکراکەری ئەو شتەیە کە ئێوە دەیشارنەوە.

(٧٣) بۆیە وتمان: لەو کوژراوە بدەن بە هەندێك لەو مانگایە کە سەر بڕاوە، جادەڵێن لێی دراو کابرا زیندو بویەوەو ناوی بکوژی وت، بەم شێوەیە ﷻ مردووەکان زیندو دەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە لە پاشە ڕۆژداو نیشانەکانی خۆیتان پێشان دەدات بەو هیوایەی کە ئێوەش عەقڵ بگرنو عاقڵانە بیر بکەنەوە. بەم شێوەیە تێی گەیاندین کە زیندوو کردنەوەی مردووەکان لای ﷻ شتێکی گران نیە، هەندێك دەڵێن: دەستی کوژراوەکەیان هێناو لەگومان لێ کراوەکانیان دا، جا ئەو لێدانە بوو بە هۆی ڕەنگ تێکچوونی بکوژو گرتیان تا دانی نا بەوەدا کە ئەو کەسەی کوشتوە .

لە یاسای ئیسلاما ئەگەر هات مردو زیندو بویەوە یان لەکاتی بێ هۆشیا بە هۆش هاتەوە دانیپێدانا لێی وەردەگرێت یان لە حاڵەتی سەرە مەرگا بوو هۆشی بە خۆ بوو، بەڵام نەیتوانی قسە بکات ئاماژەی لێ قەبووڵ دەکرێت، هەندێك دەڵێن ئەوە دەبێت بە گومانێکی بەهێز لەسەر کابراو حیساب نیە لە سەری، هەتا کابرا خۆی دانی پێدا نەنێ.

دەڵێن: جارێکیان جولەکەیەك ئافرەتێکی خستبوە نێوان دوو بەردو لێی دابو هەتا سەرو چاوی ورد کرد بوو لە حاڵەتی گیان دەرچونا بو هێنایانە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ جا پێی وترا کێ وای لێ کردویت؟ چەند کەسێکیان ناو برد هیچ ئاماژەی نەکرد کە ناوی ئەو جولەکەیان هێنا بەسەری ئاماژەیەکی کرد، ئینجا جولەکەکەیان هێناو لێیان دا تا خۆیشی دانی پێدانا، ئینجا: {فَأَمَرَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَرُضَّ رَأْسُهُ بِالْحِجَارَةِ /متفق علیه/ پێغەمبەر ﷺ فرمانی دا - چۆن ئەو ئافرەتەی خستبوە ناو ئەو دوو بەردەو سەری کوتا بویەوە، بڕۆن ئێوەش ئاوەهای لێ بکەن - جا سەری ئەو جولەکەش بە بەرد وای لێ کرا.

أَوَلَا يَعۡلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعۡلِنُونَ ﴿٧٧﴾
وَمِنۡهُمۡ أُمِّيُّونَ لَا يَعۡلَمُونَ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِيَّ وَإِنۡ هُمۡ
إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٧٨﴾ فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ يَكۡتُبُونَ ٱلۡكِتَٰبَ بِأَيۡدِيهِمۡ
ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ لِيَشۡتَرُواْ بِهِۦ ثَمَنٗا قَلِيلٗاۖ
فَوَيۡلٞ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتۡ أَيۡدِيهِمۡ وَوَيۡلٞ لَّهُم مِّمَّا يَكۡسِبُونَ
﴿٧٩﴾ وَقَالُواْ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامٗا مَّعۡدُودَةٗۚ قُلۡ
أَتَّخَذۡتُمۡ عِندَ ٱللَّهِ عَهۡدٗا فَلَن يُخۡلِفَ ٱللَّهُ عَهۡدَهُۥٓۖ أَمۡ تَقُولُونَ
عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٨٠﴾ بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةٗ
وَأَحَٰطَتۡ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ
فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨١﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨٢﴾ وَإِذۡ
أَخَذۡنَا مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ لَا تَعۡبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ
إِحۡسَانٗا وَذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَقُولُواْ
لِلنَّاسِ حُسۡنٗا وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ثُمَّ
تَوَلَّيۡتُمۡ إِلَّا قَلِيلٗا مِّنكُمۡ وَأَنتُم مُّعۡرِضُونَ ﴿٨٣﴾

(٧٤) ئەی کوڕانی یەعقوب ئێوە لەم روداوە هیچ پەندێکتان وەرنەگرت بەڵکو پاش ئەوەش دڵتان رەق بو کە وەکو بەرد رەق بوو یان زیاتر لە بەردیش رەقتر بوو، چونکە بێگومان لەناو بەردان بەردی واهەیە چەندین روباری ئاوی لێ دەر دێتو بەردی وا هەیە کە شەق دەبێتو ئاوی لێ دەردێتو بەردی وایش هەیە کە لە ترسی ﷲ بەر دەبێتەوە بەڵام لە دڵی ئێوە هیچ سەوز نابێت، بەڵکو لە بەردیش رەقترە، ئینجا خوای گەورە هەڕەشەیان لێ دەکاتو دەفەرموێ:خوا بێ ئاگا نیە لەو شتانەی کە ئێوە دەیکەن.

(٧٥) ئینجا ﷲدڵخۆشی موسڵمانان دەکاتو دەفەرموێ: ئایا ئێوە ئومێدتان وایەو وای بۆ دەچن کەئەوانە باوەڕ بکەن بە ئێوەو گەردنکەچ ببن بۆ دینەکەتان؟ بەراستی کۆمەڵێك لەوان قسەی خوایان دەبیست، پاشان دەیانگۆڕی پاش ئەوەی کە تێ دەگەیشتن لەحاڵێکدا کە ئەوان دەزانن راستو ناڕاست کامەیە.

(٧٦) هەر کاتێك دەگەیشتن بە باوەڕداران دەیان وت: باوەڕمان هێناوەو کاتێ کە خۆیان بەتەنهایی دەمانەوەو کەس لە نێوانیاندا نەبو دەیان وت: نەچو بن بۆ ئەوان قسەتان کرد بێت، بۆ؟ چونکە ئەمانە ئیتر بەڵگەیان دەبێ بۆ قیامەت لە لای خوای خۆیان، ئایا ئێوە ئیشی ئاوەها دەکەنو فام ناکەنەوە؟واتە ئێوە نەچوبن لە لای ئەو موسڵمانانە باسی ئەو سیفەتانەی محمد تان کرد بێت کە لەکتێبی ئێمەدا باسکراونو بەڵگەن لەسەر راستی محمد ﷺ قسەی ئاوەهاتان نەکرد بێت، تا لە قیامەتدا نەبێت بەبەڵگەو حوجەت بۆیانو بڵێن، بەڵێ خوایە خۆیان دەیانزانیو خۆشیان شایەتن لەسەر ئەوەی کە دەیانزانی بەڵام بە گوێیان نەکردیت پێیان وا بوو کە خوای گەورە ئاگای لە شتە نهێنیەکانی ئەوان نیەو بەم شێوەیە وەسفێکی ناتەواو بۆ ﷲ دادەنێن کە نەبونی زانینی خوایە بە مەخفی کارییەکان واتە: دەیانزانی کە حیسابێك هەیەو باوەڕیان وابوو کە ئەگەر بێتو بە دزیەوە قسە بکەنو دابنیشن ﷲپێیان نازانێ بەڵام باوەڕیان بەوە بوو کە قیامەت هەیەو باوەڕیان بوو کە ئەگەر بێتو ئەو حەقیقەتە لە زمانی ئەوانەوە وەربگیرێت رۆژێك دێت کە بە دەستیەوە گیر بخۆن. ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(٧٧) ئایا ئەوان هەروەها گێلوگەمژەنو نازانن ئەوەی کە ئەوان دەیشارنەوەو ئەوەش کە ئاشکرای دەکەن ﷲپێی دەزانێت؟ بەڵام ئەوان هەمویان وەك یەك نین وەك دەفەرموێ:

(٧٨) لە ناو ئەواندا هەبو کە نەخوێندەواربوو لەبارەی تەوراتەوە هیچی نەدەزانی مەگەر ئەوە نەبێت کە هیوایەکیان بە رەحمی خوا هەبو ئەوان بێجگە لەوەی کە گومان دەبەن شتێکی تر نازانن. ئەمانە هەمیشە هەر خەریکی درۆو دەلەسە بوونو هەرگیز راستیان پەسەند نەکردوە. بۆیە ﷲدەفەرموێ:

(٧٩) سا هاوارو رۆڕۆ بۆ ئەو کەسانە، یان (ویل) کەشوێنێکە لە جەهەننەم ئەگەر هەموچیاکان بخرێنە ناویەوە بەماوەیەکی زۆر کەم دەتوێنەوە، بۆ ئەوکەسانەی کە بە دەستی خۆیان کتێب دەنوسنەوەو لە پاشان دەڵێن: ئەمە لە لایەن خواوە هاتوە وەك ئەم تەوراتو ئینجیلەی کە ئەمڕۆ

دەست کاریان کردووەو دەڵێن: ئەمە لە لایەن خواوە هاتوە کە قورئان شایەتە کە دەستکاری کراون و گۆڕیویانن بۆ ئەوەی بەهرەیەکی کەمیان دەست کەوێت.

وەك وتمان: ئەگەر هەمو دنیایشیان دەست بکەوێت هەر بەهرەیەکی کەمە لە چاو قیامەتدا، بەڵام ئەم درۆو دەلەسانە دەکەن تا ئەو نان و کورسیەی کە ئەمڕۆ هەیانە لە دەستیان دەرنەچێت وای بۆ ئەوان لەو شتەی کە بە دەستی خۆیان نوسیویانەو واوەیلاو کۆسی گەورە بۆ ئەوان لەو ئیشەی کە دەیکەن. بەڵێ بە راستی ئەوان هیچیان راست نیەو دەریش کەوت کە ئەو پەڕاوەی کەلە دەستیان دا هەیە نوسراوی دەستی خۆیانەو دەیدەنە پاڵ خوا. جاچۆن تەما دەکەن بەباوەڕهێنانی ئاوا گەلێك کە ئەوە سیفەتیانە؟

جا بۆیە ئیبنو عەباسیش دەڵێت:{ يَا مَعْشَرَ الْمُسْلِمِينَ كَيْفَ تَسْأَلُونَ أَهْلَ الْكِتَابِ وَكِتَابُكُمُ الَّذِي أُنْزِلَ عَلَى نَبِيِّهِ ﷺ أَحْدَثُ الْأَخْبَارِ بِاللَّهِ تَقْرَءُونَهُ لَمْ يُشَبْ وَقَدْ حَدَّثَكُمُ اللَّهُ أَنَّ أَهْلَ الْكِتَابِ بَدَّلُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ وَغَيَّرُوا بِأَيْدِيهِمُ الْكِتَابَ فَقَالُوا هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا أَفَلَا يَنْهَاكُمْ مَا جَاءَكُمْ مِنَ الْعِلْمِ عَنْ مُسَاءَلَتِهِمْ وَلَا وَاللَّهِ مَا رَأَيْنَا مِنْهُمْ رَجُلًا قَطُّ يَسْأَلُكُمْ عَنِ الَّذِي أُنْزِلَ عَلَيْكُمْ/البخاري/ ئەی موسڵمانان چۆن ئێوە پرسیار لە ئەهلی کتێب دەکەن لەحاڵێکدا ئەو پەڕاوەی ئێوە کەرەوانە کراوە بۆ پێغەمبەرەکەتان ﷺ تازەترین هەواڵانی تێدایە لەبارەی الله ـە وە کە پیر نەبووەو ئێوە دەیخوێننەوە، بەراستی الله پێی وتون کە بێگومان ئەهلی کتێب کتێبەکەی خوایان ئاڵو گۆڕ کردووەو بەدەستی خۆیان و گۆڕیویانە، ئینجا وتویانە ئەوە لەلایەن (الله)ـە وەیە تا بەهرەیەکی کەمی پێ وەرگرن، دەی ئایا ئەوەی کە بۆتان هاتوە لە زانیاری ئێوەی بەرگری نەکردوە لەپرسیار کردن لەوان؟ بەخوا نەماندیوە هەرگیز پیاوێك لەوان پرسیار بکات لەئێوە لەبارەی ئەوەی کە رەوانە کراوەتە لاتان}

واتە بۆ ئەوەندە سادەو ساویلکەن و چۆن باوەڕ دەکەن بە قسەی ئەوان! جا ئەوە ئیبنوعەباسەو بەو خەڵکەی ئەو سەردەمەی وتوە ئەگەر ئەمڕۆ بوایە چی بەئێمە دەوت کە دوژمنانی خواو خۆمان دەکەین بەدۆستی خۆمان و بەئاشکراو بەنهێنی پێکەوە دادەنیشین و داو بۆ موسڵمانان و ئیسلام دەنێینەوە؟

(٨٠) دەیان وت: ئاگر نامان سوتێنێ مەگەر چەند رۆژێکی دیاری کراو نەبێت. جا دەڵێن دنیا حەوت هەزار ساڵە ئێمە تەنها حەوت رۆژ دەسوتێین، واتە لە باتی هەر هەزار ساڵ یەك رۆژ دەسوتێین! ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: ئایا لای اللهعەهدو پەیمانێکتان وەرگرتوە لەسەر ئەوەی کە بێجگە لە حەوت رۆژ نەبێت ناتان سوتێنین؟ ئەوسا ئیتر بۆ خۆتان دڵنیا بن چونکە الله پێچەوانەی بڕیاری ناکات؟ یان ئایا ئێوە شتێك دەڵێن بەدەم خواوە کە خۆتان هیچی لێ نازانن و تەنها قسەیەکی سەرزارەکیەو هیچی تر؟.

(٨١) نەخێر وانیە کە ئێوە بیر دەکەنەوە کە بڵێن ئێمە، چونکە گەلی هەڵبژێردراوی الله ین دوچاری سزا نابین هەر کەسێك بە هەر ناوێك بێت مادام کارو کۆششی خراپە کردن بو بێت و بە خراپە گەمارۆ درابێت و داپۆشرا بێت ئەوسا ئەوانە ئیتر هاوڕێی ئاگرن کە ئەوان بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە.

(٨٢) ئەوسا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناو کرداری چاکیان کرد، ئەوانە هاوڕێی بەهەشتن و بۆ هەمیشە لە بەهەشتدا دەمێننەوە. لێرەش دەردەکەوێت کە باوەڕی بێ کردار هیچ سودی نیە هەروەك لەپێشدا باسمان کرد.

(٨٣) باسی ئەو کاتە بکە کە ئێمە پەیمانمان وەرگرت لە بەنی ئیسرائیل، چ پەیمانێك؟ ئەو پەیمانەی کە وتمان: جگە لە اللهکەس نەپەرستن و پێمان وتن: لەگەڵ دایك و باوکتاندا چاکە بکەن و لەگەڵ خزمی نزیکتانداو لەگەڵ هەتیوان و هەژارانداو لەگەڵ خەڵکدا قسەی جوان بکەن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن. دیارە زەکات لەو سەردەمەشدا هەر پێویست بوە، چونکە نوێژ بۆ بتەو کردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خالقی خۆیەتی لەبەر ئەوە لە هەموکاتدا پێویستە، وەزەکاتیش هەروایە چونکە ئەویش بۆ بتەو کردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدایە. لێرەدا هەمو لایەنە پەیوەندی دارەکانی مرۆڤی بە شێوەیەکی کورت باسکردوە، پەیوەندیەکانی مرۆڤ لەگەڵ خواداو مرۆڤ

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ لَا تَسْفِكُونَ دِمَآءَكُمْ وَلَا تُخْرِجُونَ
أَنفُسَكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٨٤﴾
ثُمَّ أَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا
مِّنكُم مِّن دِيَٰرِهِمْ تَظَٰهَرُونَ عَلَيْهِم بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ
وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَٰرَىٰ تُفَٰدُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ
إِخْرَاجُهُمْ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ
بِبَعْضٍ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْىٌ
فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ
وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٨٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟
ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْءَاخِرَةِ فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ
يُنصَرُونَ ﴿٨٦﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَقَفَّيْنَا مِنۢ
بَعْدِهِۦ بِٱلرُّسُلِ وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدْنَٰهُ
بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ أَفَكُلَّمَا جَآءَكُمْ رَسُولٌۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُكُمُ
ٱسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ ﴿٨٧﴾ وَقَالُوا۟
قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ بَل لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾

لەگەڵ مرۆڤ دا بە هەمو چینەکانیەوە، باوك‌و دایك‌و چینی خزمی نزیك چینی هەتیو چینی هەژاران، جا ئیتر هەرچی کە ماوەتەوە ئەم وشە پیرۆزە دەیگرێتەوە کە دەفەرموێ: ﴿لەگەڵ خەڵکدا چاکە بکەن﴾ واتە: وتارو کردارتان جوان بێت سەبارەت بە خەڵك بەگشتی، لە پاش ئەوە جگە لە ژمارەیەکی کەمتان پشتتان هەڵچەرخاندو گوێتان بەو پەیمانەی کە ئێمە لێمان وەرگرتن نەدا.

(٨٤) بیر بکەنەوە لەو کاتەی کە پەیمانمان وەرگرت لە ئێوە کە خوێنی یەکتر نەرێژن‌و یەکتر دەرنەکەن لە ماڵ‌و زەوی‌و زاری خۆتان، لە پاشان دانتان بەم بڕیارەدانا لەحاڵێکدا کەئێوە خۆتان شایەتن لەسەر ئەم پەیمانە.

(٨٥) پاشان ئێوە ئەوە بوون کە برا کوژیتان دەست پێ کردو یەکترتان دەکوشت‌و یەکترتان لە خانوەکانی خۆتان دەردەکردو پشتی یەکترتان دەگرت بە دژی هەندێکتان بۆ گوناح‌و تاوان‌و دەست درێژی، کەچی ئەگەر ئەوان بگیرێن‌و دیل بکرێن ئێوە فیدیەیان دەدەن‌و رزگاریان دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا کەحەرام بوو لێتان دەرکردنیان، چۆن وا دەکەن؟ واتە: شەڕیان لەگەڵ یەکتر دەکرد و یەکتریان دەردەکرد، بەڵام ئەگەر کەسێکیان بگیرایە دەیان وت: پێویستە لە سەرمان ماڵ کۆ بکەینەوەو رزگاری بکەین، چونکە بەنی ئیسرائیلی یە، جا ماڵیان کۆ دەکردەوەو کابرایان رزگار دەکرد بۆ؟چونکە دەیان وت ئێمە یەهودین‌و پێویستە لە سەرمان کەیارمەتی برای خۆمان بدەین. ئەی دەرنەکردنیشی هەر پێویست نەبوو لە سەریان؟ بۆ ئاوا دەکەن؟! تۆڵەی هیچ کام لە ئێوە کە ئیشی ئاوەها دەکات نیە مەگەر سەرشۆڕی لە دنیاداو لە رۆژی قیامەتیش دا بۆلای سەخترین سزا دەگەڕێنرێنەوە. خوای گەورە دەفەرموێ: ئێوە باوەڕتان بە هەندێك لە تەورات هەیەو کەسێك لە جولەکە دەگیرێت لەسەر فرمانی تەورات فیدیەی دەدەن‌و رزگاری دەکەن،بەڵام بێ باوەڕن بە هەندێکی تری کە دەفەرموێ: یەکتری مەکوژن‌و یەکتری لە ماڵەکانتان دەرنەکەن؟.لێرەدا ئەم هەڕەشەی بەنی ئیسرائیلیە هەڕەشەیشە بۆ تەواوی موسڵمانانی ئەمڕۆ، بۆ؟ چونکە کاتێ دەپرسی لە کابرا بۆ نوێژ دەکەی؟ دەڵێ اللهدەفەرموێ، بۆ رۆژی دەگری؟ دەڵێ الله دەفەرموێ، بۆ زەکات دەدەی؟ دەڵێ اللهدەفەرموێ، بۆ ئەمر ناکەی بە چاکە؟ دەڵێ تاقەتم نیە، بۆ نەهی لە خراپە ناکەی؟ توانام نیە، بۆ، بۆ حاکمیەتی ئیسلام تێناکۆشی؟ دەڵێ ئەوە بەمن ناکرێت‌و توانام نیە، دەی ئەمە باوەڕ بە هەندێك لە قورئان‌و بێ باوەڕی بە هەندێکی نیە؟ بێگومانم کە ئێمەش هەمان سزامان هەیە، اللهدەفەرموێ: لە دنیادا سەر شۆڕ دەبن. ئەوەتا نزیکەی یەك ملیاردو نیو موسڵمانەوە ئێمە ئەمڕۆ وەهاسەر شۆڕین لە جیهاندا هەتا ئیستا لەمێژوی ئیسلامدا شتی وانەبوە، چونکە راستە باوەڕمان بە هەندێکی قورئان هەیە وە ئیشی پێ دەکەین، بەڵام هەندێکی تریمان وازلێ هێناوەو کاری پێ ناکەین، جائەوە دنیامانە کە ئاوا سەرشۆڕین ئینجا سزای قیامەتیش با لەولاوە بوەستێت، ساخوای گەورە کۆمەکمان پێ بکات کە پیاو بین‌و خۆمان لەو سزایە رزگار بکەین. ئینجا دەفەرموێ: الله بێ ئاگانیە لەوەی کە ئێوەدەیکەن.

(٨٦) ئەوانە کەسانێکن بۆ ئەوەی کە لە دنیادا خۆش رابوێرن‌و پلەو پایەیەکی بەرزو ژیانێکی خۆشیان هەبێت

وَلَمَّا جَآءَهُمْ كِتَٰبٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُوا۟
مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَلَمَّا جَآءَهُم
مَّا عَرَفُوا۟ كَفَرُوا۟ بِهِۦ ۚ فَلَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾
بِئْسَمَا ٱشْتَرَوْا۟ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُوا۟ بِمَآ أَنزَلَ
ٱللَّهُ بَغْيًا أَن يُنَزِّلَ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ
فَبَآءُو بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍ ۚ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ
﴿٩٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ ءَامِنُوا۟ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوا۟ نُؤْمِنُ بِمَآ
أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَآءَهُۥ وَهُوَ ٱلْحَقُّ مُصَدِّقًا
لِّمَا مَعَهُمْ ۗ قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنۢبِيَآءَ ٱللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم
مُّؤْمِنِينَ ﴿٩١﴾ ۞ وَلَقَدْ جَآءَكُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَٰتِ
ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿٩٢﴾
وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ خُذُوا۟
مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ وَٱسْمَعُوا۟ ۖ قَالُوا۟ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا
وَأُشْرِبُوا۟ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ ۚ قُلْ
بِئْسَمَا يَأْمُرُكُم بِهِۦٓ إِيمَٰنُكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٩٣﴾

ژیانی دنیایان کڕیوه به ئاخیرهت، وازیان له قیامهت هێناوهو دژایهتی ئاینی خوا دهکهن، ئهوسا بههۆی لاساریانهوه له ڕۆژی قیامهت دا نه سزایان لهسهر سوك دهکرێتهوهو نه یارمهتیش دهدرێن بۆ ڕزگار بونیان. ههروا به زهلیلیو سهرشۆڕی دهمێننهوه له قیامهتدا.

﴿٨٧﴾ ئێمه به ڕاستی ئهم کتێبهمان دا به موسا که تهوراتهو چهندین پێغهمبهرمان به دوای ئهو دا هێنا. دیاره پێغهمبهرهکان تاکو گهیشتونهته عیسا (عليه السلام) ههمویان پهیڕهویی تهوراتیان کردوهو ههر خهریکی بڵاوکردنهوهی تهورات بوون، دامان به عیسای کوڕی مریهمیش نیشانهی ئاشکرا که ئینجیلهو بههێزمان کرد به ڕۆحی پیرۆز که الله پێی دابو خهڵکی زیندو دهکردهوه که ئهوه یهکێك بو له موعجیزهکانی، یان مهبهست له (روح القدس) جبرائیله که بهفرمانی الله یارمهتی دهدا، ئهی بهنی ئیسرائیلی ئهوه بۆ ههر کاتێك پێغهمبهرێك بهاتبایه لای ئێوه به شتێك که پێتان خۆش نهبوایه خۆتان به گهوره دهزانی جا ههندێکتان به درۆ دهخستنهوهو باوهڕتان پێ نهدهکردنو ههندێکیشتان شههید دهکردن؟

﴿٨٨﴾ کاتێك که ئامۆژگاری دهکران، دهیان وت: ئێمه دڵمان له ناو پهردهدایه و هیچ نابیسێت نهخێر دانهخراوه بهڵکو الله نهفرینی لێ کردوون به بۆنهی کفرو سهرکهشیانهوه، جا کهمێکیان باوهڕ دههێننو به کهمێك له ئیسلام باوهڕ دهکهن. (غُلْفٌ) واته: پهرده، ههروهکو چۆن دهڵێین خهنجهر له غیلاف دایه وه شمشێر له غیلاف دایه واته: دڵی ئهوانیش لهناو پهردهدایه.

﴿٨٩﴾ له کاتێکدا کتێبێك هاته لای ئهوان له لایهنی خواوه که ئهو کتێبه دانی دهنا بهوهی که له لای ئهوان بوه که تهوراتهو ئهوان له پێشدا هیوای سهرکهوتنیان دهکرد به سهر کافرهکاندا به هاتنی. ئهوه بوو که له مهدینهدا ههڕهشهیان بهوه دهکردو دهیان وت پێغهمبهرێك دێت ئێمه دوای ئهو پێغهمبهره دهکهوینو به سهر ئێوهدا زاڵ دهبینو تۆڵهی خۆمانتان لێ دهکهینهوه، بهڵام کاتێ که هات بۆ لای ئهوان ئهوهی که دهیانناسیو دهیانزانی که حهقهو ڕاسته بێ باوهڕ بوون پێی، سا نهفرینی الله له بێ باوهڕان بێت، که ئێوه ڕاستیهکه دهزانن بۆ دوای حهقیقهت ناکهون؟ لێره بۆمان دهرکهوت که ههر کهسێ حهقیقهت بزانێو لادات لهو حهقیقهتهو لاساری بکات کافر دهبێو بهر نهفرینو نهعلهتی الله دهکهوێت.دهی ئایا زانینه ناودهرونیهکهیان کردنی به باوهڕدار؟ده فرهیده ئهو قسه پوچانهی کهلهو لهو دهبیسیت کهدهڵێن: ئیمان باوهڕی ناودهرونه.

﴿٩٠﴾ به ڕاستی خۆیان به شتێکی خراپ گۆڕییهوه، که بێ باوهڕ بون بهوهی که الله ڕهوانهی کردبو، ههرچهند ئهو ڕهوانه کراوهشیان به ڕاست دهزانی، بهڵام ههر لهبهر ئیرهیی بهوهی که خوای گهوره شتێك له بههرهی خۆی بنێرێت بۆ کهسێك کهئارهزۆی لێ بێت، پێیان وابوو دهبێ پێغهمبهر ههر له خۆیان بێت ونابێ ئهونیعمهتهی الله که پێغهمبهرایهتیه به کهسێکی تر بدرێت. واته: دهیانزانی شتهکه ڕاسته، بهڵام له بهر ئیرهیی قهبووڵیان نهدهکرد، ئهوسا ئا بهم ئیشهی که کردیان دوچاری غهزهبی یهك له دوای یهکی الله بون چونکه له ههمو ئیشێکیاندا دژایهتی

فرمانی خوایان دەکرد بۆیە وا غەزەب لە دوای غەزەب دەیگرتن بە راستی بۆ ئەو کەسانەی کە کافرن سزایەکی گاڵتەپێ کەریان بۆ هەیە، سوکایەتیان پێ دەکرێت، واتە: سزایەك کە گاڵتەیان پێ دەکاتو ئیهانەیان دەکات چونکە ئەوان لە دنیادا گاڵتەیان بە بەرنامەی خوا کردوە جا سزاش بە گوێرەی عەمەلە وەك وتراوە (كَمَا تُدِينُ تُدَانُ: چۆن رەفتار بکەیت ئاوات لەگەڵدا دەکرێت).

(٩١) هەر کاتێ پێیان بوترایە باوەڕ بێنن بەوەی کە ﷲ ناردویەتی دەیان وت: ئێمە باوەڕمان هەیە بەوەی کە رەوانە کراوەتە لامان کە تەوراتەو بێ باوەڕین بەوەی کە لەپاش ئەو هاتوە کە قورئانە لە کاتێکدا کە هەر ئەو راستەو پێویستە باوەڕی پێ بکەن چونکە ئەو قورئانە دان دەنێ بەوەی کە لە لای ئەواندایە کە تەوراتەو بە راستی دەزانێت، بەڵام ئەو بۆ سەردەمێك بووەو دەستکاریشیان کردوە، ئەی محمد ﷺ بڵێ: ئەگەر ئێوە باوەڕدارن ئەی بۆچی لە پێشدا پێغەمبەرەکانی خوتان دەکوشت؟ کەواتە درۆ دەکەن ئەو کاتەش باوەڕدار نەبون.

(٩٢) بە راستی موسا عليه السلام بە نیشانە گەلی ئاشکرا هات بۆ لای ئێوە وەکو توفانو عەسایدەستیو بۆقو خوێنو کولەو ئەسپێو لەت کردنی بەردو شەق کردنی بەحر کە هەمویان نیشانەی روونو ئاشکرا بون، وە دەیان نمونەی تر، کەچی کاتێ کە موسا عليه السلام هات بۆ سەر کێوی تور هەر پاش ئەو ئێوە گوێرەکەتان کرد بە خوای خۆتانو پەرستتان بابزان کە بە راستی ئێوە ستەمتان لە خۆتان کرد.

(٩٣) بیر بکەنەوە لەو کاتەی کە ئێمە پەیمانی بتەومان لە ئێوە وەرگرتو کێوی تورمان بە سەر ئێوەدا بەرز کردەوەو پێمان وتن: ئەوەی کە پێمان داون بە قوەتو بەهێز وەریگرنو گوێی بۆبگرن، بەڵام ئەوان بە پێچەوانەوە ئیشەکەیان کرد کە وتیان: بیستمانو سەرپێچیمان کرد. دەگونجێ هەر بە ئاشکرا ئاوایان وت بێت کەبیستمانو بە گوێت ناکەین یان دەیانبیست بەڵام پشت گوێیان دەخست، جا بەهۆی خوا نەناسیانەوە خۆشەویستی گوێرەکە چوبوە ناو دڵیانەوە، ئەی محمد ﷺ بڵێ: ئەگەر ئێوە باوەڕدارنو

قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ ٱلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ عِندَ ٱللَّهِ خَالِصَةً مِّن
دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ (٩٤)
وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًۢا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ
(٩٥) وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ وَمِنَ ٱلَّذِينَ
أَشْرَكُوا۟ ۚ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِۦ
مِنَ ٱلْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ (٩٦) قُلْ
مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ
مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ
(٩٧) مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ
وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ (٩٨) وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ
إِلَيْكَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ۖ وَمَا يَكْفُرُ بِهَآ إِلَّا ٱلْفَٰسِقُونَ (٩٩)
أَوَكُلَّمَا عَٰهَدُوا۟ عَهْدًا نَّبَذَهُۥ فَرِيقٌ مِّنْهُم ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ
لَا يُؤْمِنُونَ (١٠٠) وَلَمَّا جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ
مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ
كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (١٠١)

باوەڕەکەتان شتی ئاوەهای پێ وتون بە راستی بیرو باوەڕێکی خراپتان هەیە.

(٩٤) ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئەگەر بەهەشتو خۆشی ئەوماڵەی دوا رۆژ تایبەتە بۆ ئێوەو بۆ خەڵکی تر نیە دەی با ئاواتی مەرگ بخوازن، ئەگەر ئێوە لەم قسانەتاندا راست دەکەن چونکە لەو بەهەشتەو لەو نازو نیعمەتە خۆشتر نیە. خوای گەورە خۆی وەڵام دەداتەوەو دەفەرموێ:

(٩٥) بەدڵنیایەوە هەرگیز ئەو ئاواتە ناخوازن. بۆ؟ چونکە خۆیان دەزانن چەند ئیشی خراپو تاوانیان ئەنجام داوەو بە راستی ﷲزانایە بە ستەمکاران و ئەوانیش ستەمکارنو دەزانن کە سەرەنجام تۆڵەیان لێ وەردەگرێت.

(٩٦) ئەمانە نەك تەنها ئاواتی مەرگ ناخوازن بەڵکو تۆ دەبینی کەئەوان سوورترین خەڵکن لەسەر ژیانو مانەوەو هەندێك لەوانەش کە هاوەڵیان بۆ ﷲداناوە ئاوات دەخوازن کە هەزار ساڵ تەمەنیان درێژ ببوایە، ﷲ دەفەرموێ: ئەگەر ئەوەندەش تەمەنیان درێژ بێت با دڵنیابن کە لە سزای ﷲدوریان ناخاتەوە چونکە رۆژێك لە رۆژان دەگەڕێنەوە

بۆلای اللهبۆ حیسابو تۆڵە، بە راستی اللهبینەرە بەوەی کە ئەوان دەیکەن. بەم شێوەیە بۆمان دەرکەوت کە کێ ژیانی خۆش دەوێت، مرۆڤی موسڵمان دەبێ ئاگای لە خۆی بێت. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ /أبوداود. حسنه الالباني/ هەر کەسێك خۆی بە گەلێك بچوێنێ ئەوسا ئەوەلەوانە}

جا ئەگەر ئێمەش بە دوای دنیا کەوتینودنیامان لا خۆشەویست بو ئێمەش وەك ئەوانمان لێ دێت هەروەك چۆن پێغەمبەرﷺ لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێ: {يُوشِكُ الأُمَمُ أَنْ تَدَاعَى عَلَيْكُمْ كَمَا تَدَاعَى الأَكَلَةُ إِلَى قَصْعَتِهَا فَقَالَ قَائِلٌ وَمِنْ قِلَّةٍ نَحْنُ يَوْمَئِذٍ قَالَ بَلْ أَنْتُمْ يَوْمَئِذٍ كَثِيرٌ وَلَكِنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيْلِ وَلَيَنْزَعَنَّ اللَّهُ مِنْ صُدُورِ عَدُوِّكُمُ الْمَهَابَةَ مِنْكُمْ وَلَيَقْذِفَنَّ اللَّهُ فِي قُلُوبِكُمُ الْوَهْنَ فَقَالَ قَائِلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا الْوَهْنُ قَالَ حُبُّ الدُّنْيَا وَكَرَاهِيَةُ الْمَوْتِ /أبوداود، صححه الالباني/ نزیکە ئوممەتانی کوفر گەلە کۆمەتان لێ بکەنو پەلامارتان بدەنو بتان خۆن هەروەکو چۆن کۆمەڵێکی برسی پەلاماری خوانێکی ئامادەکراو دەدەن، کەسێك وتی: ئەو رۆژە لەبەر کەمیمان وامان لێدێت؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی: بەڵکو ئەو رۆژە ئێوە زۆرن، بەڵام ئێوە وەك کەفو بڵقی سەر لافاو وان، اللهُ لە ناخی ئەواندا ترسو سامی ئێوە لا دەباتو "وەهن" دەخاتە ناو دڵەکانی ئێوەوە، کەسێك وتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ "وەهن" چییە؟ فەرموی: خۆشویستنی دنیاو رق بونەوەیە لە مردن}

بەڵێ ژیان بۆ دنیا دینو دنیات دەبات، گەر بۆدین بێت دینو دنیات پێ دەدات؛ کەواتە موسڵمان دەبێ خۆشەویستی دنیای نەوێت تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە عیبادەتی خوای تێدا بکات، ئەمە بەو مانایە نیە کە موسڵمان تەرکی دنیا بکات بەڵکو پێویستە دنیای بە فرسەت بزانێ بۆ قیامەتی.

جوولەکەکان پرسیاریان لە پێغەمبەر ﷺ ئەکرد کە کێ وەحی بۆ تۆ دێنێت؟ فەرموی :جبرەئیل، وتیان: ئەگەر میکائیل بوایە باوەڕمان دەهێنا، بەڵام چونکە جبرەئیلە باوەڕ ناهێنین چونکە ئەو مەئموری عەزابەو هەر کاتێك کە عەزاب هات بێتە سەر ئێمە جبرەئیل هێناویەتی لە بەر ئەوە رقمان لێیەتی. خوای گەورە بە توندی رەدیان دەداتەوە و تێمان دەگەیەنێ کە ئەم دینە هەرخۆی ئایینی دابین کردنی بەرژەوەندییەکانەو لادان لە بچوکترین یاسای دژی بەرژەوەندی مرۆڤە.

(٩٧) ئەی محمدﷺ بڵێ: ئەو کەسەی کە دوژمنی جبرائیلە سا بێگومان هەر ئەوە دادەبەزێت بۆ لای تۆو هەر ئەوەکە بە فەرمانی اللهوەحیت بۆ دێنێت، خۆی ناتوانێت لە خۆیەوە هیچ شتێك بێنێت دان دەنێت بەوەی کە لە پێش ئەم قورئانەدا هاتوە وەك، تەورات، ئینجیل وەزەبوور، رێ پیشاندەرو مژدە دەرە بۆ باوەڕداران، مژدەیان دەداتێ بە بەهەشتو پاشەرۆژێکی خۆش .

دیارە قورئان هیدایەتو مژدە دەرە بۆ هەمو کەسێك، بەڵام چونکە هەر باوەڕداران سودی لێ وەردەگرن وەك ئەوە وایە کە هەر بۆ ئەوان هات بێت. ئینجا بە فرمانێکی گشتی دەفەرموێ:

(٩٨) ئەو کەسەی کە دوژمنایەتی خوداو فریشتەکانیو پێغەمبەرانی و جبرەئیلو میکائیل بکات کافر ئەبێت، ئەوسا بێگومان خودا دوژمنی کافرانە، جبرەئیلو میکائیل دوو فریشتەن لە فریشتەکان، هەر بەوشەی ﴿ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ ﴾ دا بەر دەکەون بەڵام بۆ زیاتر رێزلێ گرتنیانو بۆ دەم کوتکردنی جوولەکەکان لە پاشدا ناوی ئەو دوو فریشتەیەی جیا کردەوە.

(٩٩) بەراستی ئێمە ناردومانە بۆ لای تۆ ئەی محمد ﷺ چەندین ئایەتی رۆشنو ئاشکرا کە ئەو قورئانەیەو ئەو رستە جوانو پڕماناو پڕ موعجزانەیە کە کەسێك نەیتوانیوەو ناشتوانێ سورەتێکی بچووکی وێنەی ئەم قورئانە بهێنێت، خۆ بێ باوەڕ نابێ بەو ئایەتانە مەگەر فاسق گەلی لە سنورتێ پەڕیو.

جا دووبارە بۆ ئەوەی کە زیاتر سەرکۆنەیان بکاتەوەو تێیان بگەیەنێت کە باوەڕ نەبونی ئێستایان بەم قورئانە خوویەکی تازەی ئەوان نیە، بەڵکو بۆ هەمو پەڕاوەکانی تری پێش قورئانیش هەروا بوون وەك خوای گەورە دەفەرموێ:

(١٠٠) ئایا وانیە کە هەر کاتێك پەیمانێکیان داوە تاقمێك لەوان پەیمانەکەی خۆیان فڕێ داوە؟ بەڵکو زۆربەی ئەوان

باوەڕیان هەر نەهێناوە. واتە: ئەی محمد ﷺ ئەمە نەریتێکی تازەی ئەوان نیە بەڵکو ئەوان هەر ئاوەها بوون لە دژایەتی بەرنامەی خوادا.

(١٠١) کاتێك کە هاتە لای ئەوان نێرراوێك لە لایەنی خواوە کە محمدە ﷺ کەدان دەنێ بەو کتێبو پەڕاوانەی کە لەلای ئەوان بووە، هەندێك لەوانە کە ئەهلی کیتاب بون وەك جوولەکەو فەلەکان، ئەمانە پەڕاوەکانی خوایان فڕێ داو خستیانە پشت گوێیانەوە وەك ئەوەی کە قەت شتی وایان نەزانی بێت، پێویستە ئەوە بزانین کە هەم لە تەوراتو هەم لە ئینجیلدا باسی هاتنی پێغەمبەرو سیفەتەکانی کراوە بۆ ئەوانو زۆر چاك دەیانزانی، بەڵام کاتێ کە پێغەمبەرﷺ هات هەمو باسێکی ئەویان خستە پشتگوێ وەك ئەم کتێبەیان هەر نەزانی بێتو هیچیان لە بارەی پێغەمبەرەوە بۆ نەهاتبێت چونکە ئەگەر بە گوێی پەڕاوەکەی خۆیان بکردایە دەبوایە باوەڕیان بە پێغەمبەر ﷺ بکردایە.

ئینجا لێرەدا داستانێکی ترمان بۆ باس دەکات کە بەنی ئیسرائیلی سەبارەت بە سلێمان‌عليه السلام دروستیان کردبوو دەیان وت: سلێمان کاتی خۆی بە سیحر توانیویەتی جنۆکەکان رام بکاتو ئیشیان پێ بکات، ئیتر پێغەمبەرایەتیان لە بیری خەڵك بردەوەو چەند چیرۆکێك دەگێڕنەوە، یەکێك لەوانە ئەوەیە: دەڵێن: کاتێك کە سیحر بڵاو بویەوە سلێمان ڕێگری لێکردنو کتێبەکانی سیحری گرتنو لە ژێر کورسیەکەی خۆی دا شاردنیەوە ئیتر نە جنۆکەو نە مرۆڤ نەیانتوانیوە بە دەوری دا بڕۆن هەتا ئەو کاتەی کە سلێمان وەفاتی کرد، ئینجا شەیتان بە شێوەی مرۆڤێك هاتو بە خەڵکەکەی وت: ژێری کورسیەکەی هەڵکەنن موڵکێکی گەورەتان دەست دەکەوێت، هەڵیان کەندو کتێبەکانیان لەوێ دەرهێنا، ئینجا شەیتان پێ وتن بەڵێ کاتی خۆی سلێمان بە ئەمانە توانیویەتی زاڵ بێت بە سەر خەڵکدا، ئینجا ئاوەها بڵاو بویەوە کە بەڵێ سلێمان سیحری بە کار هێناوەو بە سیحر ئیشەکانی کردوە. خوای گەورەش بەرپەرچیان دەداتەوەو دەفەرموێ:

وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتۡلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلۡكِ سُلَيۡمَٰنَۖ وَمَا كَفَرَ
سُلَيۡمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ
ٱلسِّحۡرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلۡمَلَكَيۡنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَۚ
وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنۡ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحۡنُ فِتۡنَةٞ فَلَا تَكۡفُرۡۖ
فَيَتَعَلَّمُونَ مِنۡهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَزَوۡجِهِۦۚ
وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ
مَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡۚ وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ
مَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖۚ وَلَبِئۡسَ مَا شَرَوۡاْ بِهِۦٓ
أَنفُسَهُمۡۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ (١٠٢) وَلَوۡ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ
وَٱتَّقَوۡاْ لَمَثُوبَةٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ خَيۡرٞۖ لَّوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ
(١٠٣) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقُولُواْ رَٰعِنَا وَقُولُواْ
ٱنظُرۡنَا وَٱسۡمَعُواْۗ وَلِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٞ (١٠٤)
مَّا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَلَا ٱلۡمُشۡرِكِينَ
أَن يُنَزَّلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ خَيۡرٖ مِّن رَّبِّكُمۡۗ وَٱللَّهُ يَخۡتَصُّ
بِرَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ (١٠٥)

(١٠٢) دوای ئەوە کە شەیتانەکان دەیان خوێندەوە سەبارەت بە دەسەڵاتو موڵکی سلێمان، واتە دەیان وت: سلێمان بە هۆی ئەم سیحرانە بوە بە خاوەنی ئەم زەویە ﷻ دەفەرموێ سلێمان کافر نەبو، بەڵکو پێغەمبەرێکی خوا بو بەڵام شەیتانەکان پێی بێ باوەڕ بوونو کافر بون کە خەڵکیان فێری سیحر دەکرد، لە ڕەستەی ﴿ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلۡمَلَكَيۡنِ ﴾وشەی (مَا) بە دوو مانا مفسرین مانایان کردوە هەندێکیان دەڵێن: (ما) یەکە(ما)ی نەفیە وە هەندێك دەڵێن (ما) یەکە بە مانای (الَّذِي) یە واتە شەیتانەکان کافر بوونو خەڵکیان فێری سیحر دەکرد، ئەگینا هیچ شتێك نەهات بوو بۆ ئەو دوو مەلائیکەیە کە ناویان هاروتو ماروت بوو ئەو دوو مەلائیکە هیچ کەسێکیان فێر نەئەکرد هەتا پێیشیان دەوتن ئێمە هەر تاقی کەرەوەین، جا خۆتان کافر مەکەن. ئەمە لەسەر مانای یەکەمی (ما)یەکە لەسەر مانای دووهەم: واتە شەیتانەکان کافر بوونو خەڵکیان فێری سیحر دەکردو ئەوەش کە هات بوو بۆ ئەو دوو فریشتانە کە گوایە ئەوانیش سیحریان بۆ هاتبوو بۆ تاقیکردنەوەی خەڵكو ڕاستەو خۆ بە خەڵکەکەیان دەوت

که خۆتان فێری سیحر مەکەن چونکە کافر دەبن هەتا بە خەلکەکەیان دەوت ئێمە هاتوین بۆ تاقیکردنەوەی ئێوە، خۆتان کافر مەکەن، فێری سیحر مەبن، داوای سیحر لە ئێمە مەکەن، بەلاٚم ئەگەر داوامان لێ بکەن پێتان دەلێین: واتە لە پێشەوە دەیانترساندن، بەلاٚم هەندێکیان هەر دەپاڕانەوە لێیانو ئەوانیش بۆ تاقیکردنەوە رۆیشتبون فێریان دەکردن، جا لەو دوو فریشتەیەوە فێری ئەوە بون کە بتوانن ژنو پیاو لە یەکتر جیا بکەنەوە، واتە: ئیشی خراپ فێر بونو شەیتانیش هەر ئاوەهایە، بەلاٚم ئەوەش بزانن کەئەوان ناتوانن هیچ زیانێك بە کەس بگەیەنن مەگەر بە فرمانو ئیزنی خوا، واتە هەمو شتێك لە دەسەلاٚتی خوادایە، بەلاٚم مرۆڤ خۆی سەرپشکە بۆ هەلبژاردنی ئیشی چاك یان خراپ هەر کامیانی هەلبژارد ﷻ یارمەتی دەدات.

کەواتە هەموی لە ژێر ئیزنو دەسەلاٚتی خوادایە، بە بێ یارمەتی ئەو هیچ شتێك ناکرێت، خوای گەورە قوەتو هێز ئەداتو کابرا هەلبژاردنی شتەکە دەکات، وە فێری ئەو شتە دەبون کە زیانیان پێ بگەیەنێتو سوودیان پێ نەگات، واتە: تەنها فێری زیانگەیاندن دەبون نە فێری قازانج، بە راستی زانیان ئەو کەسەی کە خۆی فێری سیحر دەکات لە رۆژی دواییدا بێ بەشو نائومێدە واتە دەیانزانی کە سیحر شتێکی قەدەغەیە. (خَلَاق) بەش، نسیب. بە راستی ئەگەر بزانن بە شتێکی خراپ نەفسی خۆیان گۆڕیەوە، واتە ئەگەر زانا بونایە شتی وایان نەدەکرد کە بۆ بەهرەیەکی کەم ژیانێکی هەتاهەتایی لە دەست بدەن. بە داخەوە زۆربەی خەلك بۆ ژیانێکی کاتی جیهانێکی هەتا هەتایی لە دەست خۆی دەدات.

١٠٤ ئەگەر ئەوانە باوەڕیان بهێنایەو تەقوایان ببوایە دەیانزانی کە بچوکترین پاداشتی لای ﷲچاکترە بۆیان لە هەمو دنیا، بەلاٚم دیارە نەزان بوون بۆیە بۆ شتێکی کاتی ئەو پاشەڕۆژەی خۆیان سوتاند، واتە: پێویستە مرۆڤی زانا بیر لە دوا رۆژی ئیشی خۆی بکاتەوە نەك بیر هەر لەوکاتە بکاتەوە کە تێیدا دەژی ئەو سیحرە زۆر باو بوە لەو کاتەداو ئێستاش شەیاتین هەر هەن بۆ ئەنجام دانی سیحر.

(خوێندنی ئەم چەند ئایەتەو سەرەتای سوورەتی بەقرە تاکو ئایەتی ﴿ٱلْمُفْلِحُونَ ۝٥﴾ و خوێندنی ئایەتی ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ...﴾ کە دوو ئایەتە لەگەل ئایە الکرسیو دوو ئایەتی دوای ئایەتە الکرسیو سێ ئایەتی کۆتایی سوورەتی بەقرە چاکن بۆ بەتال کردنەوەی سیحر.)

١٠٣ ئەی خاوەن باوەڕان نەلێن بەمحمد ﷺ سەرپەرشتمان، بلێن بنوارەو تەماشامان بکەو ئێوەیش گوێ بگرن بەراستی بۆ کافران سزایەکی بەژان هەیە. ئیبنو عەباس دەلێت: هەرکاتێك قورئان فەرموی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ چاك گوێ ی بۆ شل بکەن چونکە یان داوا کردنی خێرێکە دەی ئێوەش بیکەن یان شتێکی پڕ مەترسیەو دەتان ترسێنێ ئێوەش مەیکەن.

وشەی (رَٰعِنَا) واتە شوانو سەرپەرشتمان ئەمەلە پێشدا لە مەکە موسلمانان بە پێغەمبەریان دەوت، بەلاٚم کاتێك کە چونە مەدینە ئەم وشەیە بەزمانی جوولەکان بە مانای (ئازاردەرەکەمان) بوو، واتە ئەی ئەو کەسەی کە مایەی ئازاری بۆمان جا جوولەکان بەم مانایە بە کاریان دەهێناو لەدلدا پێخۆشحال دەبون چونکە جنێوبو، خەلك وایان دەزانی کەدەلێن ئەی سەرپەرشتەکەمان، ئەگەر چی وشەکە وشەیەکی جوانە بەلاٚم چونکە نیەتیان خراپ بوو، هەمو خاوەن باوەڕان لە وتنی ئەو وشەیە قەدەغە کران ئەمەش بۆ ئێمەیە کە فڕوفێل لە ئاینی خوادا نەکەینو دلنیا بین کە خوای گەورە ئاگای لە ناو دلمانەو هیچ شتێکی لێ ناشارێتەوە. واتە ئەوانەی کەدژایەتی پێغەمبەر ﷺ دەکەنو ئازاری دەدەن با بە نیەتیش بێت ئەوانە لە ریزی کافرانن و پاشە رۆژێکی پڕ مەترسیان هەیە. ئینجا پەروەردگارمان ئاگادارمان دەکاتەوەو دەفەرموێ:

١٠٥ هەرگیز نە ئەهلی کتێبونە هاوەل دانەران ئاواتیان ئەوە نیە کە ئێوە لەلایەن پەروەردگارتانەوە خێر وچاکەیەکتان دەست کەوێت بەلاٚم ئەوە نەبێت کە خواش بە دلی ئەوان بکات بەلکو خوای گەورە خۆی تایبەت دەکات بە رەحمەتی خۆیەوە ئەو کەسەی ئارەزۆی لێ بێت، کەسیش ناتوانێت رێگای لێبگرێت. ئەمە بەر

پەرچدانەوەی ئەو قسانە بوو کە سەبارەت بە هەندێ شت دەیانکرد بۆ نموونە: وەکو گۆڕانی قیبلە لە پێشەوە (بیت المقدس) بوو، پاشان کە چوونە مەدینە روو کرایە کەعبە، ئینجا جوولەکەکان کەوتنە پڕوپاگەندە بڵاو کردنەوە لەدژی پێغەمبەر ﷺ وئاینەکەی و دەیان وت محمد ﷺ هەر رۆژێك بەرەولایەك روو دەکات جا خوای گەورەش دەفەرموێ:

(١٠٦) هیچ ئایەتێك ناسڕینەوە یان هیچ بڕیارێك دواناخەین مەگەر چاکتر یان وێنەی ئەو بڕیارە بهێنین. ئینجا بۆچی دەیگۆڕێت؟ ئەوە خۆی دەزانێت ﴿ پرسیار ناکرێت لەخوا کەچی دەکات، بەڵکو ئەوان پرسیاریان لێ دەکرێت﴾ ئایا تۆ نازانی کە بێگومان خوای گەورە توانای بە سەر هەموو شتێك دا هەیە؟ دەی کەواتە ئەو گۆڕانکاریانە شتێکی زۆر ئاسانە بۆ ﷻ.

وشەی (استنساخ) بۆ گواستنەوەو بۆ سڕینەوە بە کار دێت لێرەدا بۆ سڕینەوەی بڕیارەکانو نەهێشتنی هەندێك لە فرمانەکان بە کار هێنراوە، زانایان واتای "النسخ" بەم شێوە کورت دەکەنەوەو دەڵێن: (رَفْعُ الْحُکْمِ بِدَلِیلٍ شَرْعِيٍّ مُتَأَخِّرٍ: لابردنی بڕیارێکە بە بەڵگەیەکی شەرعی کە دواتر هاتبێ) کە ئەم نەسخو سڕینەوەش قسەی زۆربەی زانایانەو دژایەتی کردنی کارێکی ئاسان نیە.

(١٠٧) ئایا تۆ نازانی کە بێگومان خاوەنی ئاسمانانو زەوی هەر خوایە؟ وە بۆ ئێوە بێجگە لە ﷲ هیچ دۆستو یارمەتی دەرێکی ترتان نیە؟

(١٠٨) یان دەتانەوێ پرسیار بکەن لە پێغەمبەرەکەتان کە محمدە ﷺ وەك ئەو پرسیارانە کە لەپێشدا لەموسایان دەکرد؟ واتە: شتی وا نەکەنو پرسیاری زۆرو بێ سود مەکەن، بە راستی یارەکانی پێغەمبەر ﷺ زۆر چاك بڕیارەکانی قورئانیان ئەنجام دەدا ئەوەتە لەم بارەیەوە قورئان نزیکەی دوانزە پرسیاری یارەکانی پێغەمبەری ﷺ تۆمار کردوە کەئەمە نیشانەی راستی باوەڕو بەرزی خوڕەوشتیانە، ئینجا دەفەرموێ: هەر کەسێك باوەڕ بە کوفر بگۆڕێتەوە بە راستی لەراستە رێگا لای داوەو گومڕایە. لە فەرمودەیەکی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە کە هیچ

۞ مَا نَنسَخْ مِنْ ءَايَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَآ أَوْ مِثْلِهَآ
أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٦﴾ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ
مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن
وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١٠٧﴾ أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْـَٔلُوا۟ رَسُولَكُمْ
كَمَا سُئِلَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ ۗ وَمَن يَتَبَدَّلِ ٱلْكُفْرَ بِٱلْإِيمَٰنِ
فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١٠٨﴾ وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ
ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا
مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ۖ فَٱعْفُوا۟
وَٱصْفَحُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ
﴿١٠٩﴾ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ۚ وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم
مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ
﴿١١٠﴾ وَقَالُوا۟ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ۗ
تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ ۗ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ
صَٰدِقِينَ ﴿١١١﴾ بَلَىٰ مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ
فَلَهُۥٓ أَجْرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١١٢﴾

تاوانێ لەوە گەورەتر نیە کە پرسیار بکرێت جا بە هۆی ئەو پرسیارەوە شتێك کە حەڵاڵە حەرام بکرێت لە ئوممەتم، ئەم حەڵاڵو حەرام کردنە لە کاتی پێغەمبەر ﷺ دا هەبووەو تازە هیچ شتێك بە بۆنەی پرسیارەوە ناگۆڕێت، بەڵام پرسیاری زۆر ئێستاش هەر باش نیە وەك لە فەرمودەیەکی پێغەمبەر ﷺ دا هاتوە کە دەفەرموێ خوای گەورە سێ شتی پێ ناخۆشە کە لەناو ئێوەدا هەبێت:{قِیلَ وَقَالَ وَکَثْرَةَ الْسؤَالِ وَإِضَاعَةَ الْمَاْلِ/متفق علیە/ بێژارو وتی گێڕانەوەی قسەی خەڵك چونکە دەگونجێ بەشێکی درۆ بێت هەروەها زۆر پرسیار کردنو فەوتاندنی ماڵ}

جا کەواتە هەروەك ئایەتەکە رێنمایی موسڵمانانی کردوە لەو کاتەدا بۆ ئەمرۆش پێغەمبەرمان ﷺ تێیگەیاندین کە زۆر پرسیار نەکەینو پرسیارێك بکەین کە سوود بەخش بێت و بۆ زانینی راستیەکان بێت نە بۆ تەریق کردنەوە یان گێرە شێوێنی. خوای گەورە دڵ پیسی دوژمنەکانمان بۆ باس دەکات دەفەرموێ:

(١٠٩) زۆرێك لە ئەهلی کتێب ئاوات دەخوازن کە پاشگەزتان بکەنەوەو دەستتان پێ بکێشنەوە لە باوەڕو کافر ببن، جا

ئەمە لەبەر ئەوە نیە کە ئێوەیان خۆش بوێت یان پێیان وابێ کە کوفرەکەی خۆیان چاکترەو ئیشەکەی ئێوە خراپە، نەخێر لە بەر ئەوە نیە بەڵکو هەر حەسوودنو نایانەوێ کە ئێوە دوای پێغەمبەر ﷺ بکەونو بگەن بەو هەمو نازو نیعمەتو بەهەشتە خۆشە پاش ئەوەی کە حەقیان بۆ رۆشن بوەتەوە چونکە ئەوەندە هاتنی ئەوپێغەمبەرەیان بەلاوە راست بو ئەوەبو هەڕەشەیان دەکرد لە خەڵکی مەدینە کە پێغەمبەرێك دێت بەم ناونیشانەو ئێمە دوای دەکەوینو هەموتان لە بەین دەبەین، بەڵام کە زانیان ئەوان باوەڕیان پێ هێناوە ئیتر هەمو راستیو حەقێکیان شاردەوەو دەستیان کرد بە تانەو تەشەردان لە پێغەمبەر ﷺو بەرنامەکەیو زۆر هەوڵیان دەدا کە خاوەن باوەڕەکان کافر بکەنەوە، بەڵام ئیسلام دینی رەحمەتە بۆیە دەفەرموێ: سا ئێوە چاوپۆشیان لێ بکەنو قسەی ناشیرینیان پێ مەڵێنو پشتیان تێ بکەنو هەوڵی تۆڵە کردنەوە مەدەن هەتا ئەمرو فرمانی خوا لەو بارەوە دێت بۆ لاتان.

ئینجا هەندێك دەڵێن کە ئەم ئایەتە مەنسوخە بە ئایەتی سیو شەشی سورەتی تەوبە کە بە ئایەتی (قتال) دەناسرێت کە دەفەرموێ:﴿ئێوە هەموتان بەیەکەوە بەگژ بت پەرستاندا بچن هەروەك ئەوان بەگەلە کۆمەکی دێن بە گژی ئێوەداو بزانن کە ﷲ لەگەل پارێزکاراندایە﴾

بەڵام دەگونجێ هەر مەنسوخ نەبێت بۆ؟ چونکە ئەمە عەفوو کردنو چاوپۆشیە کە رەوشتێکی بەنرخو بەرزی ئیسلامیە لە هەمو سەردمێکدا پێویستە، واجارێکی تر خەڵك گەڕاوەتەوە بۆسەردەمی نەفامیو پێویستی بەبانگەوازو رۆشن کردنەوەی ئایین هەیەو موسڵمانان نابێ هەر کەسێك قسەیەکی ناشیرینی پێ وتن شەڕی لەگەڵ دا بکەن یان بیکوژنو لە بەینی ببەن مەگەر کاتێ کە هەڕەشە لەبونو ژیانت بکرێت، بێگومان کاتێ کە تۆ دەعوەت دەکەیو بانگەوازی خوا دەگەیەنی بەو خەڵکە مرۆڤی نەفامو نەزانو ئەهلی کتێب دوژمنایەتیت دەکەنو قسەی ناشیرینت پێ دەڵێن، جا تۆ هەوڵی تۆڵە کردنەوە مەدە بەڵکو چاوپۆشی بکە لە هەندێ ئێشو ئازارو غەیبەتو جنێوو بوختان کە پێت دەڵێنو پێت دەکەن، چونکە ئەرکی سەر شانی تۆ ئالەم قۆناغەدا گەیاندنی ئاینی خوایە بە خەڵكو چاوپۆشی کردنە لە هەڵەکانیان تا موسڵمانان خۆیان دەگرنو بە هێز دەبنو هەر کاتێك موسڵمانان هێزو قوەتیان پەیدا کرد با رانەوەستن هەتا حاکمیەتی خوا دادەمەزرێت، جا تا ئەو کاتە تۆ تەنها پشتیان تێ بکە، بەڵکو ئەو پشت تێکردنە کاری خۆی بکاتە سەر ئەو خەڵکەو هەمو بەختەوەر ببن، دەبێ مەبەستی تۆی موسڵمانیش هەر ئەوە بێت چونکە بەرنامەی تۆ بەرنامەی پێغەمبەرە ﷺو خوای گەورەش بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿تۆمان تەنها بۆ ئەوە ناردوە کە رەحمەت بیت بۆ هەمو جیهان﴾ئەنبیا/١٠٧

بێگومان خوای گەورە دەسڵاتی بە سەر هەمو شتێکدا هەیە، کە ئەمە هەڕەشەیەکە لە کافران با وا نەزانن کە دەست درێژیو قسەی ناشیرینو دژایەتی خواو پێغەمبەری خوا ﷺو هەوڵدان بۆ پاشگەز کردنەوەی موسڵمانان هەروا بۆیان دەچێتە سەرو رزگار دەبن لە دەست تۆڵەی خوا، پێویستە موسڵمانانیش خۆگرو ئارام بنو بەردەوام بن لەسەر گەیاندنی بەرنامەکەی خواو کەمتەر خەمی نەکەنو هەمیشە سوور بن لەسەر هێنانی خێرو خۆشی بۆ خۆیانو بۆ خەڵکی ترو پەیوەندیەکانی نێوان خۆیان وخواو خۆیانو خەڵك توندو تۆڵتر بکەن.

(١١٠) جا نوێژەکانتان رێكو پێك بکەنو زەکات بدەنو دڵنیابن ئەوەی کە پێشی دەخەن بۆ خۆتانو ئەو ئیشە چاکەی کە دەیکەن لە لای خوا دەستتان دەکەوێتەوە، بە راستی خوا بەوەی کە ئێوە دەیکەن بینەرەو چاوی لێیەو ئیشەکانتان لەبەر چاویەتی، هەر ئیشێکی چاکت کرد مادام بەتاڵی نەکەیتەوە ئەوە ئیتر زەخیرەیەکەو بۆت دەمێنێتەوەو بێگومان لەرۆژی قیامەتدا لە لای خوای خۆت دەستت دەکەوێتەوە، وەك دەفەرموێ:﴿ ئەوەی لای خۆتانە دەفەوتێتو هیچی نامێنێت . نە ماڵو نە منداڵو نە سەرمایەو نە چاوو نە گوێو نە هێزو نە لەش هەموی لە بەین دەچێت بەڵام . ئەوەی کە لەلای خوایە هەموی دەمێنێتەوە﴾ نەحل/٩٦.

وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ لَيۡسَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ عَلَىٰ شَيۡءٖ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ
لَيۡسَتِ ٱلۡيَهُودُ عَلَىٰ شَيۡءٖ وَهُمۡ يَتۡلُونَ ٱلۡكِتَٰبَۗ كَذَٰلِكَ قَالَ
ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ مِثۡلَ قَوۡلِهِمۡۚ فَٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ
فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴿١١٣﴾ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ
ٱللَّهِ أَن يُذۡكَرَ فِيهَا ٱسۡمُهُۥ وَسَعَىٰ فِي خَرَابِهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ مَا كَانَ
لَهُمۡ أَن يَدۡخُلُوهَآ إِلَّا خَآئِفِينَۚ لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞ
وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿١١٤﴾ وَلِلَّهِ ٱلۡمَشۡرِقُ وَٱلۡمَغۡرِبُۚ
فَأَيۡنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجۡهُ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ ﴿١١٥﴾
وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدٗاۗ سُبۡحَٰنَهُۥۖ بَل لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضِۖ كُلّٞ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ﴿١١٦﴾ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ
وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿١١٧﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ
لَا يَعۡلَمُونَ لَوۡلَا يُكَلِّمُنَا ٱللَّهُ أَوۡ تَأۡتِينَآ ءَايَةٞۗ كَذَٰلِكَ
قَالَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِم مِّثۡلَ قَوۡلِهِمۡۘ تَشَٰبَهَتۡ قُلُوبُهُمۡۗ
قَدۡ بَيَّنَّا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يُوقِنُونَ ﴿١١٨﴾ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ
بِٱلۡحَقِّ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗاۖ وَلَا تُسۡـَٔلُ عَنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١١٩﴾

(١١١) جوولەکەو فەلە دەیان وت: بێجگە لە جوولەکەو فەلە کەس ناچێتە بەهەشتەوە ئەوە ئارەزۆی ئەوانە، ئەی محمد ﷺ بڵێ: ئەگەر راست دەکەن چ بەڵگەیەکتان هەیە لەسەر ئەم قسانەتان بیهێنن. ئاشکرایە کە ئەمانیش هەر یەکەیان خۆی بە راست دەزانیو ئەمە کۆی قسەی هەردوو لایە خوایش بەم شێوەیە دەمکوتیان دەکاتودەفەرموێ:

(١١٢) وا نیە کە ئەوان بۆی دەچن ئەو کەسەی بە تەواوی خۆی تەسلیم بکاتو گەردن کەچ بێت بۆ فرمانەکانی خواو ئەو چاکە کاریش بێ، ئەوسا بۆ ئەو هەیە پاداشت لە لای خوای خۆیو هیچ ترسێکیان نیەو خەم ناخۆن لەو رۆژەی کە دێتە پێشەوە. یەکێك لە مانای (احسان) ئەوەیە کە مرۆڤ عیبادەتی خوا بکاتو وا بزانێ کە خوا دەیبینێت چونکە پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرا (ما الاحسان؟) فەرموی: {ئەوەیە کە تۆ خوا بپەرستی وەکو ئەوەی کە ئەیبینی ئەگەر تۆ خوا نابینیت خوا تۆ دەبینێت} هەر کەسێك وای لێهات لە ئیحسان دایەو بەو کەسە دەگوترێت چاکە کار (محسن). بزانە ئەم ئایەتە لە ئەوەڵەوە تا ئەگاتە ﴿وَهُوَ مُحۡسِنٞ﴾ بە تاکی هاتوە لە ئاخرەکەیدا بە کۆ هاتوە چونکە بە تەرتیب رعایەتی لەفزو مانای (مَن) کراوە کە لەفزەکەی تاکەو ماناکەی کۆیەو ئەم جۆرە لەقورئاندا زۆرەو لێرە ئەوە بزانە بۆ شوێنەکانی تر.

(١١٣) جوولەکە دەیان وت: فەلە لەسەر هیچ شتێك نینو بەرنامەیان هەڵەیەو فەلەکانیش دەیان وت: جوولەکە لەسەر هیچ شتێك نینو بەرنامەیان هەڵەیە لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان کتێبیان دەخوێننەوەو جوولەکەکان تەوراتیان دەخوێندەوەو دەیانزانی ئەو پێغەمبەرەی کە لە دوایدا دێت راستە وە فەلەکانیش ئینجیلیان دەخوێندەوەو دەیانزانی موسا عليه السلام راست بوەو بۆ پشگیری موسا عليه السلام ئینجیل هاتوەوە، عیسا عليه السلام بۆ پشتگیری موسا عليه السلام هاتووە. کەوابو لە راستی دا قسەی هەردووکیان درۆیە کاتی خۆی هەردووکیان لەسەر حەق بوون. جوولەکەی راست لەسەر حەق بوە تا هاتنی ئینجیل وە گاوری راستیش لەسەر حەق بوە تا هاتنی محمد ﷺو لە لایەکی ترەوە هەردووکیان قسەیەکی راستیان وتووە نە جوولەکە لەسەر هیچەو نە گاور لەسەر هیچە. ئینجا ﷻ دەفەرموێ: ئەوانەش کە هیچ شتێك نازانن هەر وێنەی قسەی ئەوانیان دەکردو ئەوانیش دەیان وت: نە جوولەکەو نە گاور هیچ کامێکیان راست نین تەنها ئێمە راستین، ئێمە لەسەر دینی ئیبراهیمینو ئیبراهیم موشرك بوە، ئەوسا لە رۆژی قیامەتدا خوا حوکم ئەکات لە نێوانیاندا لەبارەی ئەو شتەوە کە ئەوان تێیدا ناکۆکن، جا هەر کەسێ لێپێچینەوەی خۆی لەگەڵدا دەکرێتو تۆڵەی خۆی وەردەگرێ لەسەر ئەو ئیشە خراپانەی کە کردویەتی.

(١١٤) کێ هەیە زاڵم تر لەو کەسەی کە رێگری لە یادی خوا بکات لە ماڵەکانی خواداو هەوڵ دات بۆ خراپ کردنی مزگەوتەکان؟ نە ئەبوایە ئەوانە بچوونایە ئەو مزگەوتانەوە مەگەر بۆ یادی خواو لە ترسی ئەو بێ، بۆ ئەوانە هەرلە دنیادا سەر شۆڕیو لە رۆژی قیامەتیشدا سزایەکی گەورەیان بۆ هەیە، واتە: مافی هیچ کەسێك نیە کە مزگەوتەکانی خوا قەدەغە بکات لە زیکرو یادی خوا ئەمە یەکێکە لە ماناکانی. وە هەندێك دەڵێن ئەم ئایەتە زەمی گاورەکان دەکا کە یارمەتی (بەختە نەسریان) دابوو

بۆ خراپ کردنی (بیت المقدس)و هەندێك وتویانە ئەمە بۆ پێغەمبەرە کاتێکە لە حودەیبیە چوو بۆ عومرەو مەنعیان کرد بەڵام ئەمە بۆ ئەوانیشە بۆ هەر کەسێکە ڕێگری لە مزگەوتەکانی خوا بکات لە هەر سەردەمێکدا بێت،چونکە ئایەت ئەگەر هۆیەکیشی بوو بێت بۆدابەزینی بەو هۆیە تایبەت نابێت بەڵکو گشتیە تا قیامەت. خراپ کردنی مزگەوت دوو مانای هەیە یەکێکیان ئەوەیە بیروخێنیّ‌و ئەوی تریان ئەوەیە کە نەهێڵرێت کە عیبادەتی تێدا بکرێت.

وەکو تەعمیر دوو مانای هەیە هەم ئاوەدان کردنەوەیەو هەم عیبادەت تێدا کردنی کەتەعمیری پێ دەوترێت. دەبێ دەسەڵاتداری موسڵمانان ئەوەندە بە هێز بێت ماوە نەدات کە ستەمکاران نزیکی مزگەوتەکان ببنەوە مەگەر لە کاتێکدا کە ئەوان گەردن کەچ بن بۆ موسڵمانان. ئەمەش پێی دەوترێت تۆڵە لە جۆری کردار (الجَزَاءُ مِنْ جِنْسِ العَمَل) چونکە کاتی خۆی ئەوان مزگەوتەکانیان مەنع دەکرد لە زیکری خوا، واتە: ئەمە ئەرکێکی سەرشانی موسڵمانانە کە هەوڵ بدەن بۆ وەرگرتنەوەی مافی مزگەوتەکان‌و نەهێڵن ئەوان نزیکی مزگەوتەکان ببنەوە ئەمەش یەکێکە لە ماناکانی ئایەتەکە کە لە مانای ﴿وَٱلْحُرُمَٰتُ قِصَاصٌ﴾دایە.

(١١٥) ڕۆژهەلات‌و ڕۆژئاوا موڵکی خوایە ئەوسا ڕوو لە هەر کوێ دەکەن بیکەن خۆ خوای گەورە لەوێیە، بە ڕاستی خوا زانابیەکەی بەر بڵاوەو هەمو جێگایەك دەگرێتەوە چونکە ﷲ بەعیلمی‌و بەتوانای‌و بەزاتی گەمارۆی هەمو دروستکراوێکی خۆی داوە.

چەند تێبینیەك :

یەکەم- لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت کە ئەگەر کەسێك نەیزانی قیبلە لە کام لایە دەتوانێ نوێژەکەی بکات بەر هەر لایەك کە خۆی بە قیبلەی دەزانێ، بەم شێوەیە ئەم ئایەتە ئایەتی قیبلە تایبەت دەکات هەر بۆیە زانایان پێیان وایە کە لە کاتی ترسی زۆرو لە کاتی جیهادو تێکەڵاو بوونی موسڵمانان لەگەڵ کافران دا لە شەڕ ئیتر بۆ نوێژ لەو کاتەدا قیبلە پێویست نیەو لە نوێژی سونەتیشدا لەسەر ولاخ‌و سەیارە روکردنە قیبلە پێویست ناکات.

دووهەم- پەیوەندی ئەم ئایەتە لەگەڵ ئایەتی پێشوودا، هەر خوا زانایە، بەڵام من بەم شێوەی بۆ دەچم کە زاڵم وستەمکاران هەر بەردەوامن لە دژایەتی ئاینی خواداو مزگەوتەکانیش یەکەم بنکەی ئەم ئایینە پیرۆزەیە، کەواتە نابێت چاوەڕوان بکرێت لەوان کە ئاوەدانیان بکەنەوە!! دەی ئیتر قەدەغە کردنی مزگەوتەکان لە مرۆڤی چاك‌و پاك تا حاکمیەتی خوا نەبێت بە شتێکی عەجایب نازانرێت‌و ئەو قەدەغە کردنە نابێ ببێت بە هۆی سارد بوونەوەی موسڵمانان‌و کەمتەر خەمیان سەبارەت بە ئەرکەکانی سەرشانیان‌و تا بە دەست هێنانەوەی عیزەت‌و سەربەرزی خۆیان لە هیچ بەندایەتیەکی ڕاست‌و دروست‌و پاڵفتە کۆتایی نەکەن‌و بزانن بەرەو هەر کوێ ڕووبکەن خوا ئاگای لێیانەو خوا کرداری هیچ چاکەکارێك زایە ناکات، جا ئەگەر ئەو ستەمکارانە ئێوەیان قەدەغە کرد لە مزگەوتەکان ئێوە لە هەر کوێدا بن خوا ئاگای لێتانەو پێویستە سوور بن لەسەر بەندایەتی کردنی‌و هەوڵدان بۆ بن بڕ کردنی هەمو بەرپەرچەکان.

سێهەم- دیسان لەم ئایەتەوە وەردەگیرێت کە پێویستە مرۆڤ هەمیشە روی لە خوا بێت‌و لەیادو باسی ئەو بێ ئاگا نەبێت. ئینجا هەندێ لە قسە ناپەسەندەکانی بێ باوەڕانمان بۆ باس دەکات‌ودەفەرموێ:

(١١٦) گاورو جوولەکەکان دەیان وت: خوا منالّی هەیە، پاك‌و بێگەردە خوا لەو کەم وکورتیانەی کە ئەوان نیسبەتی دەدەنە لای خوا بەڵکو بۆ خوایە موڵکێتی ئەوەی کەلە ئاسمانان‌و زەوی دایەو هەموویشیان گەردن کەچن بۆی. وە هیچیان لە دەستی دەرناچن. یەکەمیان دەی وت: عیسا کوڕی خوایە جوولەکەکانیش دەیان وت: عوزەیر کوڕی خوایە. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: {قَالَ اللَّهُ كَذَّبَنِي ابْنُ آدَمَ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ ذَلِكَ وَشَتَمَنِي وَلَمْ يَكُنْ لَهُ ذَلِكَ فَأَمَّا تَكْذِيبُهُ إِيَّايَ فَزَعَمَ أَنِّي لَا أَقْدِرُ أَنْ أُعِيدَهُ كَمَا كَانَ وَأَمَّا شَتْمُهُ إِيَّايَ فَقَوْلُهُ لِي وَلَدٌ فَسُبْحَانِي أَنْ أَتَّخِذَ صَاحِبَةً أَوْ وَلَدًا/البخاري/ خوادەفەرموێ: ئەوەی ئادەم بە درۆم دەخاتەوە لەحاڵێدا کە ئەوە بۆ ئەو نەبوە،جنێوم دەداتێ لەحاڵێدا کەئەوەیشی بۆنەبوە، جا بەدرۆ خستنەوەکەی بۆمن ئەوەیە کە ئەو

واگومان دەكات كە من ناتوانم دووبارە زیندوی بكەمەوە وەك بوەوجنێوەكانیشی بۆمن ئەو قسەیەتی كە دەڵێ من منالم هەیەسا پاكو بێ نیازم لەوەی كە هاوسەرم هەبێت یان منالم هەبێت، سا پاكو بێ عەیبم لەوەی كەمن خێزان یان منالم ببێ}

(١١٧) ئەو خوایەی كە بە دیهێنەری ئاسمانو زەویە بەشێوەیەك كە وێنەی نەبووەو هێناویەتیە دی و هەر كاتێك ئیرادەی شتێك بكات و بیەوێ شتێك بكرێت ئەوسا هەر فەرموی ببە بەكتوپڕی دەبێت؟، واتە: هیچ كارێك لە لای خوا گران نیە. وشەی (بدیع) بە دوو مانا بە كار دێت. مانایەكی زمانەوانی: بە مانای چاك كە لێرە ئەوە مەبەستەو مانایەكی شەرعی بە مانای داهاتوویەك كە وێنەی نەبو بێت.(بدیع) لە دیندا بە مانای یەكەم دەگونجێ بە هەر ئیشێك لای كەسێك جوان بێت بوترێت بدیع، یان بیدعە بەم مانایە وتراوە بە جەماعەتی تەراویح بیدعەیە نەك بە مانای شەرعیەكەی چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی لە سەرەتایەوە تەراویحی بە جەماعەت كردوە ، لە پاشان ترسی ئەوەی بووە كەوا فەرز بكرێ لە سەریان، جەماعەتەكەی تەرك كرد، دوای وەفاتی عومەر(خوالێی رازی بێ) وتی: حوكمی فەرز بون ئیتر تازە نەماوە با ئێمە جەماعەتەكە بكەین كەوا بو بیدعەی شەرعی نەبو بەڵكو بیدعەی زمانەوانی بوو، ئینجا بە مانا شەرعیەكەی، واتە: داهێنانی شتێك كە ئەو شتە لە ئایینی خوادا نەبێتو ئەو شتەش پەیوەندی بە عەقیدەو عیبادەتەوە هەبێت ئەوە خراپەو پێغەمبەرمانﷺ لەم بارەوە دەفەرموێ: {مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ فِيهِ فَهُوَ رَدٌّ / متفق عليه/ هەر كەسێك لەم دینەی ئێمەدا شتێك دابهێنێت كە لە دینەكەدا نەبێت ئەوە پەسەند نەكراوورەدە} وە دەفەرموێ: {مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ/ متفق عليه/ هەر كەسێك ئیشێك بكات كەبڕیاری ئێمەی لەسەر نەبێت بۆ كردنەكەی رەدەو لێی وەرناگیرێت}. ئەم فەرمودەیە زۆر وردە چونكە دەفەرموێ: ئەو شتەی كە بڕیاری ئێمەی لەسەر نەبێت، واتە: ئەگەر شتێكیش پێمان جوان بێت بەڵام بڕیاری كردنی لەسەر نەبێت نابێ بڵێین ئەمە شتێكی باشەو ئەگەر بكرێت چاكە، لە فەرمودەیەكی تردا دەفەرموێ: {إِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ وَأَحْسَنَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ وَشَرَّ الْأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ/ النسائي وغيره. صححه الالباني/ باشترینو راسترین قسە قسەی خوایەو باشترینو چاكترین رەوشتو رێگا، رەوشتو رێگای پێغەمبەرە ﷺ وخراپترینی ئیشەكان ئەوەیە كە دادێتو هەمو شتێك كە دابێت بیدعەیەو هەمو داهاتویەكیش گومڕاهیە چونكە هەر شتێك دابێت لەم دینەدا مادام پێغەمبەر ﷺ نەیكردوە یان نەیفەرموە بیكەن دوو شتی زۆر پڕ مەترسی دەگەیەنێت

یەكەم: واتە : پێغەمبەر ﷺ نەیزانیوە چاكە یان زانیویەتیو بە ئێمەی نەوتوە واتە حەقی شاردوەتەوە كە ئەم دوو بەشە هەردووكیان زۆر پڕ مەترسین سەبارەت بە بیرو باوەڕی موسڵمانان چونكە پێغەمبەرمانﷺ یان بە نەزان دەزانن، یان بە شاردنەوەی راستی تاوانباری دەكەن، خوا پەنامان بدات لەم بۆچوونە پڕ مەترسیە بۆیە دەفەرموێ: هەمو بیدعەیەك گومڕاهیەو هەمو گومڕاهیەكیش بۆ ناو ئاگری جەهەننەمە، بەڵام داهاتنی چاك لە ئیشەكانی دنیاییدا هیچ تاوانێكی تێدا نیەو فەرمودەی: {أَنْتُمْ أَعْلَمُ بِأَمْرِ دُنْيَاكُمْ /مسلم وغيره/ خۆتان چاكتر كاروباری دنیاتان دەزانن} فەرموودەی: {الْحَرْبُ خَدْعَةٌ/متفق عليه/ واتە شەڕ فێڵە} ئەم بەشەمان بۆ رون دەكاتەوە، جا پێویستە ئەم بەشە جیا كرێتەوە لە داهاتووە خراپەكانو نەدرێنە پاڵ یەك. بە راستی بەشی یەكەم سەرەرای ئەو دوو خەتەرە بەڵگەی ناتەواوی دینە چونكە ئەو شتە ئەكرێت ئەگەر بە ئایینی نازانی بۆچی دەیكەیت؟ وە ئەگەر بە ئایینی بزانیت، واتە: پێغەمبەر ﷺ ئاینی بە تەواوی نەزانیوەو ئیشی پێ نەكردوە كە ئەمەش دژی ئەم ئایەتەیە كە خوا دەفەرموێ:﴿ ئیمرۆ بۆ ئێوە دینم تەواو كردوە، تەواوم كرد نیعمەتی خۆم كەئیسلامە بۆتانو رازیم لێتان كە ئیسلام دینتان بێت﴾مائیدە/٣ هەروەها بە پێغەمبەری خوا ﷺدەفەرموێ:﴿ بڵێ: ئەگەر خواتان خۆش دەوێت دوای من بكەون خوداش ئێوەی خۆش دەوێو لەگوناهانتان خۆش دەبێ بەراستی خودا لێ بوردەیەو

میهرەبانە﴾ئالی عیمران/٣١ ئیتر چۆن ڕێگەیەك هەڵدەبژێری كە ئەو نەیكردوە یان نەیفەرموە بیكەن؟!

بەراستی جێگای سەرسووڕمانە كە هەندێك دەڵێن پێغەمبەر ﷺ نەیپەرژاوە تا هەمو شتێك بڵێ چونكە هەر خەریكی جیهاد بووە بۆ دامەزراندنی حكومەتی ئیسلام بە ڕاستی ئەم قسەیە زۆر قسەیەكی ناپەسەندو نارەوایە لە بەر ئەم دوو هۆیە:

یەكەم : مانای وایە پێغەمبەر ﷺ بە تەواوی ئاینی بە خەڵك نەگەیاندوە، دەی ئەگەر ئەو قسە ڕاست بێت ـ پەنا دەگرم بە خوا لە بۆگەنی ئەو قسەیە. ئەبێ پێغەمبەر لە پێغەمبەرایەتی بشۆرێتەوە چونكە خوا دەفەرموێ:﴿ئەی پێغەمبەر ئەوەی كە لەلایەن پەروەردگارتەوە هاتوەتە لات ڕایگەیەنە بە خەڵك ئەوسا ئەگەر ئەوەت نەكرد پەیامی ئەوت نەگەیاندوە﴾مائیدە/٦٧ دووەم وا دەردەكەوێت كە ئەمڕۆ هەمو شت تەواوەو خاوەنی حكومەتی خواو جەیشێكی زۆر بە هێزینو هیچ نەماوە بیكەن لە فەرزو سونەت بۆیە وا خەریكی ئەنجامدانی شتی زیادەین؟ كابرا ڕۆژانە سێ جار ریشی سێ تێخە دەكاتەوەو دەیان فەرزو سەدان سوننەتی تەرك كردوەو فزەی لێوە نایەت، بەڵام بۆ ئەنجامدانی بیدعەو خەرافات بە ناو ئایینی خواوە وەك مەنجەڵی سەر ئاگر چەپووكانیەتی؟! هەر كە بیستی وتراوە فڵان شت بیدعەیەو تەركی كەن وەك ئەوە یە كەدنیا ڕوخا بێتو سورو كوڕ دەبێتەوەو ئیشی عومەرو عوسمان دەكات بە بەڵگە لەسەر دروست بوونی بیدعەو یان دەڵێ ئەوە نیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: {من سن سنه حسنه..} ئیتر نازانێ كە ئیشی خولەفای ڕاشدین بیدعە نیەو پێویستە پەیڕەویان بكەین بە فرمانی پێغەمبەر ﷺ كە دەفەرموێ: {فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنكُمْ يَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ فَإِنَّهَا ضَلَالَةٌ فَمَنْ أَدْرَكَ ذَلِكَ مِنكُمْ فَعَلَيْهِ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ/ الترمذي، صححه الالباني / بێگومان هەركام لەئێوە بژیت نارێكییەكی زۆر دەبینێو كاروبارانێكی داهاتویش ئەوسا ئەوە گومڕاهیە جا هەركام لەئێوە گەیشت بەوكاتە ئەوساپێویستە ڕەوشتی منو ڕەوشتی خەلیفە چاكو ڕێپێشاندەرەكان بگرێو بوەستن لە سەریانو دان بگرن بە خۆتاندا} فەرمودەكەش دەفەرموێ: ﴿ مَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً حَسَنَةً...﴾ نافەرموێ: ﴿مَنْ سَنَّ بِدْعَةً حَسَنَةً ﴾ ئەو فەرمودەیە سەبارەت بە كابرایەكی موسڵمان بوو كە دوای ئەوە پێغەمبەر ﷺ داوای كرد یارمەتی برایەكی موسڵمانیان بدەن پێش هەمو كەسێك كیسەیەكی پڕ لە پارەی دانا ئینجا موسڵمانانی تر چاویان لەو كردو پارەیەكی زۆر كۆ كرایەوە بۆ ئەو موسڵمانەو پێغەمبەری ئازیز ﷺ زۆر دڵخۆش بوو ئەم فەرمودەیەی فەرموی{مَنْ سَنَّ سُنَّةً حَسَنَةً...} دەی ئەمە یەكەم، ئەمری پێغەمبەرە ﷺ لە كوێ بیدعەیە.

دووهەم، ئەوە چاكە كردن بوو كە دەیان ئایەتوسەدان فەرمودەی تری لەسەرە. دەی ئیتر كەی بیدعەی ئەنجام داوە ئەو كابرایە؟ چۆن دەیكەیت بە بیدعە كە قورئان ئەمری پێ دەكاتو پێغەمبەر ﷺ داوای كردوەو لە پێش چاوی دا ئەنجام دراوەو پەسەندی كردوە واتە هەم قەولەو هەم تەقریریشە. ئینجا خوای گەورە بت پەرستەكانی مەكە باس دەكاتو دەفەرموێ:

١١٨ ئەوانەی كە خاوەن كتێب نین، وتیان: دەی با خوا قسەمان لەگەڵدا بكات یان ئایەتێكمان بۆ بێنە لە لایەنی خواوە كە ئێمە بزانین تۆ ڕاست دەكەیت، ئەوانەی لە پێش ئەمانەوە بوون هەمان قسەیان دەكرد دڵەكانیان لە یەك دەچون بە ڕاستی ئێمە بەیانمان كردوە ئایەتەكانی خۆمان بۆ ئەو قەومەی كە یەقینو باوەڕی بە قیامەتو بە ڕاستی ئەم ئاینەی ئێمە هەیەو ئەوەندە بەڵگەشمان باس كردوە كە كەس بەهانەی نەماوە.ئەو موشریكانەی كە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ دا بون دەیان وت: ئێمە باوەڕ ناهێنین بە تۆ تا خوا خۆی قسەمان لەگەڵدا نەكاتو پێمان بڵێت باوەڕ بهێنن ئەگینا ئێمە چۆن باوەڕ بكەین كە تۆ ڕاستدەكەیت؟ لەپێشدا بە موسایشیان دەوت: باوەڕت پێ ناهێنین تاكو خوا نەبینین بە چاوی خۆمانو ئەوانەی كە عیسایشیان دەپەرست پێیان دەوت: ئەگەر ڕاست دەكەی داوا بكە با لە ئاسمانەوە خوانێكمان بۆ بێت. پێغەمبەری خوا ﷺزۆر جار خەمی دەخوارد كە خەڵك باوەڕی پێ ناهێنن، زۆر جار قسەكانی كاری گەرنین لە خەڵكدا بەڵكو

وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ۗ قُلْ إِنَّ
هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ ۗ وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم بَعْدَ ٱلَّذِى جَآءَكَ
مِنَ ٱلْعِلْمِ ۙ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١٢٠﴾ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ
ٱلْكِتَٰبَ يَتْلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ
فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿١٢١﴾ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ
أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّى فَضَّلْتُكُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٢٢﴾ وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا
لَّا تَجْزِى نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْـًٔا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا تَنفَعُهَا
شَفَٰعَةٌ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿١٢٣﴾ ۞ وَإِذِ ٱبْتَلَىٰٓ إِبْرَٰهِۦمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٍ
فَأَتَمَّهُنَّ ۖ قَالَ إِنِّى جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا ۖ قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۖ قَالَ لَا
يَنَالُ عَهْدِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٢٤﴾ وَإِذْ جَعَلْنَا ٱلْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ
وَأَمْنًا وَٱتَّخِذُوا۟ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِۦمَ مُصَلًّى ۖ وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِۦمَ
وَإِسْمَٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِىَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْعَٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ
ٱلسُّجُودِ ﴿١٢٥﴾ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِۦمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا بَلَدًا ءَامِنًا وَٱرْزُقْ
أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنْ ءَامَنَ مِنْهُم بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۖ قَالَ وَمَن كَفَرَ
فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلًا ثُمَّ أَضْطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٢٦﴾

دژایەتیشیان دەکردوو ئازاریان دەدا خوای گەورە بەم شێوەیە دڵنەوای دەکاتو دەفەرموێ:

(١١٩) ئەی محمد بەراستی ئێمەتۆمان ناردوە کە مژدە دەری بەهەشت بیت بۆ ئەو کەسانەی کە چاکە دەکەنو ترسێنەری ئاگری دۆزەخ بیت بۆ ئەو کەسانەی کە خراپە دەکەنو تۆ هەرنەوەندەت لە سەرە. ئیتر کابرا بە کەیفی خۆیەتی باوەڕ دێنێت یان نایهێنێتو پرسیاری دۆزەخیانت لێ ناکرێت. ئینجا خوای زاناو خاوەن دەسەڵات پەردە لەسەر رووی جوولەکەو گاورەکان لادەداتو دەفەرموێ:

(١٢٠) نە جوولەکەو نە گاور هیچ کامێکیان لە تۆ رازی نابن هەتا تۆ دوای ئاینەکەی ئەوان نەکەوی، ئەی‌محمد ﷺ پێیان بڵێ بە راستی ئەو رێنماییەی کە هاتوە لە لایەن خواوە کە قورئانە هەر ئەو رێپیشاندەرەو راستەو ئەگەر تۆ پەیڕەوی لە ئارەزۆەکانی ئەوان بکەیتو بە کەیفی ئەوان ئیش بکەیتو بە مەیلی ئەوان بجوڵێیتەوە پاش ئەوەی کە حەقو زانین هاتە لات ئەوە ئیتر بزانە ئەی محمد ﷺ کە لە لایەنی خواوە نە دۆستایەتیەکت بۆ هەیەو نە یارمەتی دەرێك، بە راستی ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئیتر چۆن رەوایە بۆ ئێمەی موسڵمان کە پەیڕەوی بکەین لەوانەی کە خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: نەکەیت ئیشی وا بکەیت؟ بە داخەوە ئەمڕۆ گەلێ خەڵکی بە ناو موسڵمان وا دەزانن کە کافر فریایان دەکەوێتو یارمەتیان دەدات هەر لە بەر مرۆڤ دۆستیو هیچی تر؟! بەراستی پێویستە موسڵمانان لەو بۆ چوونە هەڵەیە تەوبە بکەنو دان بە هەڵەی خۆیان دا بنێن ئەگینا لە دین دەردەچن.

(١٢١) ئەو کەسانەی کە کتێبمان پێ داون بە رێكو پێکی دەیخوێننەوەو پەیڕەوی دەکەن، ئەوانە باوەڕیان بەو قورئانە هەیەو هەر کەسێکیش بێ باوەڕ بێت پێی بە راستی ئەوانە رەنجەڕۆن.

(١٢٢) ئینجا ﷻ جارێکی تر بانگی بەنی ئیسرائیلیەکان دەکاتەوەو بەم وشە جوانە: ئەی کورانی یەعقوب بیر بکەنەوە لەو هەمو نیعمەتانەی کە من دام بە ئێوەو ئێوەم بەرز کردەوە بە سەر هەموو خەڵکی سەردەمی خۆتان دا.

(١٢٣) بترسن لە رۆژێك کەهیچ نەفسێك سوود نادات بە نەفسێکی ترو هیچ یارمەتیو پارەو پولێکی لێ وەرناگیرێتو شەفاعەتیش سوودی پێ ناداتو ئەوان یارمەتی نادرێن چونکە کەسێك باوەڕی راستەقینەی نەبێت شەفاعەتی کەس نایگرێتەوە، ئەمە بە مانای نەبونی شەفاعەت نیە بەڵکو شەفاعەتی پێغەمبەرو شەهیدانو پیاو چاکانو زانایانی باش لە پاش ئیزنی خوا هەیە، بەڵام ئەو شەفاعەتە ئەو کەسانە ناگرێتەوە. ئینجا دوا بە دوای ئەمانە باسی ئیبراهیممان عليه السلام بۆ دەکات چونکە ئەمانە زۆر خۆیان هەڵدەنا بە ئیبراهیمەوە عليه السلام جووەکان دەیان وت: ئیبراهیم عليه السلام لە ئێمەیەو گاورەکانیش دەیان وت: لە ئێمەیەو مووشریکەکانیش دەیان وت: لە ئێمەیە، خوای گەورە بە درۆیان دەخاتەوەو دەفەرموێ:

(١٢٤) بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە خوا ئیبراهیمی تاقی کردوە بە چەند وشەیەك جا ئەویش ئەو وشانەی تەواو

کرد، ئینجا خوا فەرمویی: بەبێگومان من تۆ دەکەم بە پێشەوای خەڵك. ئیبراهیم(عليه السلام) وتی: ئەم بڕیارە بۆ نەوەکانیشمە خوا فەرمویی: ئەم پێشەوایەتیەی خۆم نادەم بە ستەمکاران. واتە: زاڵم نابێت ببێت بە پێشەوا وەك وتراوە{إنَّ الإمَامَةَ لا تَنعَقِدُ لِكافِرٍ بَل وَلا لِفاسِقٍ أو ظالِمٍ ابتداءً/. بەراستی پێشەوایەتی هەر لەسەرەتاوە دانامەزرێت بۆکافر بەڵکو بۆ فاسق یان بۆ ستەمکاریش) بەڵام ئەگەر هاتوو زاڵمێك حوکمی گرتە دەستو بە پێی شەرع حوکمی دەکردو یاسایەکی تری بۆ حکومەتداری دانەنا جا ئەگەر توانرا لەسەر حوکم لابرێت بە بێ ئەوەی کە فیتنەیەکی گەورەتر روبدات ئەو لادەبرێت بەڵام ئەگەر وانە بوو پێویستە خۆگری بکرێت لەسەر زوڵمەکەیو بەحاکمیش بناسرێتو لەو بڕیارانەی کە بەپێچەوانەی شەرع نین گوێڕایەڵی بکرێت بەڵام ئەگەر بڕیارێکی زاڵمانە یان ناشەرعی بدات لەو بڕیارە بەگوێی ناکرێت وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {لَا طَاعَةَ فِي مَعْصِيَةٍ إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ/متفق عليه/ گوێڕایەڵی نییە بۆ هیچ مەخلوقێك لەو شتانەی کە تاوانەو پێچەوانەی بڕیاری الله یە بەڵکو گوێڕایەڵی هەر لە چاکە دایە} بەڵام ئەگەر هاتوو توشی کوفر بوو لە بازنەی باوەڕداری دەرچو پێویستە لەسەر موسڵمانان کە لەسەر حوکم لای ببەنو حاکمێکی شەرعی بۆخۆیان دانێن هەروەك عوبادەی کوڕی سامت دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ بانگی کردینو پەیمانی لێوەرگرتین کە لەوانە: {وَأَنْ لَا نُنَازِعَ الْأَمْرَ أَهْلَهُ إِلَّا أَنْ تَرَوْا كُفْرًا بَوَاحًا عِنْدَكُمْ مِنَ اللَّهِ فِيهِ بُرْهَانٌ/متفق عليه/ دژی دەسەڵاتداران نەوەستین مەگەر کوفرێکی وا ئاشکرایان لێببینن کە بەڵگەی رۆشنتان لە لایەن خوای گەورەوە لەسەر ئەو کوفرە هەبێت} مەبەست بە عەهد لەم ئایەتەدا پێشەوایەتیە. وە هەروەك لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێکرا زوڵمو نەمانی دادپەروەری دەبێتە هۆی لە ناوچونی دەسەڵاتو گەورەییو رێز هەربۆیە وتراوە: (إنّ الله يُقيمُ الدولةَ العادِلةَ وإن كانَتْ كافِرة، ولا يُقيمُ الظالِمَةَ وإنْ كانَتْ مُسلِمةً / واتە دەوڵەتێك کە دادپەروەر بێت الله بەردەوامی دەکات ئەگەرچی کافریش بێت بەڵام دەوڵەتێك کە زاڵم بێت بەردەوامی ناکات ئەگەرچی موسڵمانیش بێت) وەلە نیشانەکانی حاکمی موسڵمانی دادپەروەر ئەمانەتداریو دەست پاکیە لەو ماڵەی کە لەژێر دەستی دایە پێغەمبەرمان دەفەرموێ: {لَا يَحِلُّ لِلْخَلِيفَةِ مِنْ مَالِ اللَّهِ إِلَّا قَصْعَتَانِ قَصْعَةٌ يَأْكُلُهَا هُوَ وَأَهْلُهُ وَقَصْعَةٌ يَضَعُهَا بَيْنَ يَدَيْ النَّاسِ/ احمد، صححه الالباني / حەڵاڵ نیە بۆ خەلیفە لەبەیتوڵماڵ لە خۆراکدا جگە لە دوودەفر نەبێت کە یەکێکیان بۆ خۆیو خاوخێزانی وئەویتریان بۆ مێوانو دەوروبەرانی}

(١٢٥) بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە بەیتمان وا خۆشەویست کرد کە خەڵك هەردەم بگەرێنەوە بۆ لایو دنیاو دوا رۆژیان لەو جێگایەدا دەست کەوێتو کردمان بە جێگای ئەمنو ئاسایش کە کەس نەتوانێت لەو جێگایە دا دەست درێژی بکات تەنانەت بۆ سەر حەیواناتیش دە ئێوەش جێگای ئیبراهیم (عليه السلام) بکەن بە جێگای نوێژ بۆ خۆتان. ئەمە ئەوەمان تێ دەگەیەنێ کە رێزو گەورەیی ئەو بەیتە لە بەر خوای بەیتە نەك بچین دارو بەرد بپەرستین واتە ئاگاتان لە خۆتان بێتو بزانن کەچی دەکەنو خۆتان نەکەن بە موشریك، بەڵکو ئێوە لەو شوێنەدا عیبادەتی خوا بکەن، هاتنی ئەم ئایەتە یەکێکە لە دووپات کردنەوەی قورئان بە بۆ چوونی عومەر(رضي الله عنه) دەڵێن: کاتێ کە چوونە مەکەو مەقامی ئیبراهیمی (عليه السلام)دی عومەر وتی: خۆزگە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم شوێنەی بکردایە بە شوێنی نوێژ جا ئەوەبو کەئەم ئایەتە دابەزی. ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) وتویەتی: {وَافَقْتُ رَبِّي فِي ثَلَاثٍ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ لَوْ اتَّخَذْنَا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى فَنَزَلَتْ وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وَآيَةُ الْحِجَابِ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ لَوْ أَمَرْتَ نِسَاءَكَ أَنْ يَحْتَجِبْنَ فَإِنَّهُ يُكَلِّمُهُنَّ الْبَرُّ وَالْفَاجِرُ فَنَزَلَتْ آيَةُ الْحِجَابِ وَاجْتَمَعَ نِسَاءُ النَّبِيِّ ﷺ فِي الْغَيْرَةِ عَلَيْهِ فَقُلْتُ لَهُنَّ عَسَى رَبُّهُ إِنْ طَلَّقَكُنَّ أَنْ يُبَدِّلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِنْكُنَّ فَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ... لەسێ شتدا بڕیارم وەك بڕیاری پەروەردگارم دەرچو یەکەم ـ ئەوە بو وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆزگە ئەم جێگای ئیبراهیمەمان(عليه السلام) بکردایە بە نوێژگە جا ئەم ئایەتە﴿ وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا وَاتَّخِذُوا مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى ... ﴾ دابەزی.

دووەم ـ ئایەتی حیجاب کە وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆزگە فرمانت بکردایە بە خێزانەکانت بەپەردەکردن چونکە بەراستی هەمومرۆڤێکی چاکو خراپ قسەیان لەگەل دەکات، جائایەتی پەردە دابەزی.

سێهەم ـ خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ هەمویان یەك دەنگ بوون لەبارەی تەنگی ژیانیانەوە لەسەر ئەو خۆشەویستە ﷺ جا منیش پێم وتن: ئەگەر تەلاقتان بدات زۆر نزیکە پەروەردگاری بۆی بگۆڕێتەوەبە هاوسەرانێکی چاکتر لەئێوە جائەم ئایەتی پێنجەمی تەحریمە دابەزی} بۆچی ئەم خوا ناسە بەرێزە وای گووت؟ بۆیە وای وت: تا وا نەزانرێت کە ئیبراهیم ﵇ خۆی توانیویەتی ئەو بەردە رەقە بە پێ نەرمەکەی دیاری بکاتو ببن بە موشریك هەر وەك چۆن ئەو درەختەی بڕی کە پێغەمبەر ﷺو یارەکانی لە ژێریا پەیمانیان بەستبو بۆ جیهاد کردن لە ڕێگای خودا کە دی خەڵك کەم کەم بۆ لای دەچنو بە درەختێکی پیرۆزی دەزانن کە ئەمەش دەرسێکی زۆر گرنگە بۆ ئێمەی موسڵمانو پێویستە خۆمان لەو دارو بەردو بنچکانە دوور بخەینەوە کە خەڵکی نەزان بە شتێکی بە بەرەکەتو پیرۆزیان دەزانن چونکە جێگای هیچ کەس لە جێگای پێغەمبەر ﷺ و یارەکانی کە عومەر خۆی یەکێك بوە لەوانەچاکترو پیرۆزتر نیە. ئینجا خوا سەبارەت بە ئیبراهیم ﵇ دەفەرموێ: ئەمرمان کرد یان وەحی مان کرد بۆ لای ئیبراهیمو ئیسماعیل کە ماڵەکەمان پاك بکەنەوە بۆ ئەو کەسانەی کە تەواف دەکەنو ئەوانەی کە لەوێدا نیشتە جێن و ئەوانەی کە عیبادەت دەکەن بۆ خواو نوێژ دەکەن یان گەردن کەچنو سوجدە دەبەن بۆ خوا، لەو کاتەدا ئاوەها فرمانێکی پەروەردگار دەرچووەو ئێستاش هەتا کەعبە دەمێنێت هەر ئاوەهایە. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئەی قورەیش ئێوە ڕێگری لەهیچ کەسێك نەکەن نە بە شەو نە بە ڕۆژ کە تەوافی ئەم کەعبەیە بکات، هەمو کەس ئازادە لەو جێگایەدا عیبادەتی خوا بکات لە هەمو کاتێکدا.

١٢٦ بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە ئیبراهیم ﵇وتی: خوایە ئەم شارە بکەیت بە شارێکی ئەمین کە کەس نەتوانێ

وَإِذۡ يَرۡفَعُ إِبۡرَٰهِـۧمُ ٱلۡقَوَاعِدَ مِنَ ٱلۡبَيۡتِ وَإِسۡمَٰعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلۡ
مِنَّآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ١٢٧ رَبَّنَا وَٱجۡعَلۡنَا مُسۡلِمَيۡنِ
لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةٗ مُّسۡلِمَةٗ لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبۡ عَلَيۡنَآۖ
إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ١٢٨ رَبَّنَا وَٱبۡعَثۡ فِيهِمۡ رَسُولٗا
مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ
وَيُزَكِّيهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١٢٩ وَمَن يَرۡغَبُ عَن
مِّلَّةِ إِبۡرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفۡسَهُۥۚ وَلَقَدِ ٱصۡطَفَيۡنَٰهُ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ
وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١٣٠ إِذۡ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسۡلِمۡۖ
قَالَ أَسۡلَمۡتُ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٣١ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ
وَيَعۡقُوبُ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا
وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٣٢ أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ حَضَرَ يَعۡقُوبَ
ٱلۡمَوۡتُ إِذۡ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعۡبُدُونَ مِنۢ بَعۡدِيۖ قَالُواْ نَعۡبُدُ
إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ إِلَٰهٗا
وَٰحِدٗا وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٣ تِلۡكَ أُمَّةٞ قَدۡ خَلَتۡۖ لَهَا
مَا كَسَبَتۡ وَلَكُم مَّا كَسَبۡتُمۡۖ وَلَا تُسۡـَٔلُونَ عَمَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٣٤

دەست درێژی بکاتە سەرو لە بەروبوومەکان ڕۆزی خەڵکەکەی بدە، ئەوەی کە باوەڕی هێناوە لەوان بە خواو بە ڕۆژی قیامەت، خوای گەورەش فەرموی: ئەوەی کە کافریش بێت ئەوسا من کەمێك ڕۆزی پێدەدەمو دەیژیێنم، لە پاشان ناچاری دەکەم بەچونە ناو سزای ئاگرەوە کە پیسترین جێگایە ئەوئاگرە. بیر کەنەوە لەو کاتەی کە ئیبراهیم ﵇ ئاوا داوایەکی کردوەو داواکەشی وەرگیراوە، جا تەماشای ئەدەبی پێغەمبەران بکە لە بەرامبەر خودا ﷻ لەداوای ئێرەیدا وتی: ﴿ مَنۡ ءَامَنَ مِنۡهُم ﴾ بەڵام لە پێشەوە وتی ﴿ وَمِن ذُرِّيَّتِي ﴾ بۆ؟ چونکە لەوەڵامی پێشویدا خوای گەورە فەرموی: ﴿پێشەوایەتی من نادرێت بەستەمکاران﴾ واتە: ئەو داخوازیەت جێ بەجێ ناکرێت ئیتر ئیبراهیم ﵇ لێرەدا شەرمی کرد داوای ڕۆزی بۆ هەمویان بکاتو وتی:﴿ئەوکەسەی کەباوەڕی هێناوە﴾ بەڵام خوای گەورە دەفەرموێ: مەسەلەی ژیان جیایە ـ ئەی ئیبراهیم ـ من ڕەحمانم ودروستکراوانی خۆم دەژیێنم باکافریش بێت چونکە هەرمنم خالیقو ڕازقو ژیانی دنیا ژیانێکی کەمەو پەیوەندی بە تاکەوە هەیە، بەڵام مەسەلەی ڕەهبەرو

ئیمامەت پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیەو دەبێ ستەمکار نەبێتو مافی خەڵك پێشێل نەکات.

(١٢٧) جابیر کەرەوە لەو کاتەی کە ئیبراهیم ﷵ بناغەی بەیتی بەرز کردوەو ئیسماعیلیش ﷵ، جا لەو کاتەدا وتیان: ئەی پەروەردگارمان لێمان وەرگرە بە راستی تۆ بیسەرو زانەری.

ئەم ماڵە لە کۆنەوە دروستکراوە، بەڵام رووخاوەو ئیبراهیم ﷵ بە یاریدەری ئیسماعیلی کوڕی ﷵ لەسەر ئەو بناغە کۆنەی دروستی کردۆتەوە ریوایەت هەیە کەوا دەگەیەنێت کە هەر لە زەمانی ئادەم ﷵ دا دروست بوە، بەڵام لە دواییدا رووخاوەو لە فەرمودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە کاتێ کە ئیبراهیم ﷵ ویستی ئەو ماڵە دروست بکات کەمێك بەرزایی هەبوو ئا لەو بەرزاییەدا ئەو ماڵەی دروستکرد. ئەم دوو پێغەمبەرە (علیهما السلام) وا خەریکن ماڵێك دروست دەکەن بۆ ﷲ خۆی، جاله خۆیان بایی نابنو داوایان دەکرد کە خوا لێیان وەرگرێت. واتە: کاتێ کە تۆ عیبادەت دەکەی پێویستە بپاڕێیتەوە کە لێت وەرگرێت نەك لە خۆت بایی ببی ئەوەتە پێغەمبەری خۆشەویستمانﷺ لە پاش زۆربەی نوێژەکانی دەیفەرمو: (استغفر الله/ خوایە داوای لێ خۆشبوونت لێ دەکەم) ئاوایە خوا ناسینی راستەقینەو بەندایەتی بێ غەلو غەش نەك وەك ئێمە کە دوو رکات نوێژی بێ سەرو بەر دەکەینو خۆمان هەڵدەکێشینو منەت بە سەر خودادا دەکەین وەك ئەوە کە ﷲ موحتاجی ئێمە بێت لەکاتێکدا لە هەمو عالەم بێنیازە. ئیبراهیم ﷵ درێژە بە دوعاکەی دەداتو دەڵێ:

(١٢٨) پەروەردگارمان بمانگێڕە بە مل کەچو گوێڕایەڵی فرمانەکانتو بمانکە بە دوو موسڵمانی چاك وپاكو وامان لێ بکە کە تەنها بۆ تۆ گەردن کەچ بکەین، لە نەوەی ئێمەش گەلێکی موسڵمان سەوز بکەو شێوەو جێگای عیبادەتمان پێ پیشان بدە کە چۆن عیبادەتت بکەینو تەوبەمان لێ وەرگرە بە راستی ئەی خوایە تۆ زۆر تەوبە وەرگریو زۆر بە رەحمی.

بەڵێ لە خوا ترسان ئاوایەو پێویستە هەرچەند عیبادەتت هەبێ هەر لە خوا زیاتربترسیت، چونکە ﷲ خاوەنی هێزەو نیازی بە بەندایەتی ئێمە نیەو لە بەندایەتی ئێمەدا سوودێك بەو زاتە ناگات بۆیە پێغەمبەرمانﷺ زۆر جار دەیفەرمو{يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ /رواه الترمذي. صححه الالباني/ ئەی کەسێك کەوا دڵەکان دەگۆڕی، دڵم دامەزرێنە لە سەردینی خۆت}

ئەوەتا ئیبراهیمو ئیسماعیل دوو پێغەمبەری خوانو خەریکی عیبادەتن کەچی زۆر بە پەرۆشەوە دەڵێن: دەواممان بدە لەسەر ئەم دینە، هەر لەسەر ئەو بناغەیە کەپێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: من رۆژانە سەد جار دەگەڕێمەوە بۆ لای خواو تەوبە دەکەم، دەی موسڵمانان تەوبە بکەنو بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، چونکە بە تەوبە کردنی راست خوا هەمو گوناهەکان دەسڕێتەوە.

(١٢٩) ئەی خوایە لە ناویاندا پێغەمبەرێك کە لە خۆیان بنێرە بۆیان کە ئایەتەکانی تۆ بخوێنێتەوە بە سەریانداو فێری کتێبو داناییان بکاتو پاکیان بکاتەوە، بە راستی خوایە تۆ خاوەنی دەسەڵاتیو هەمو ئیشەکانت بە حیکمەتە.

بەڵێ ئەم دوعایەش وەرگیرا، خوا ئەم پێغەمبەرە بەرێزەی بۆ ناردین وەك خۆی فەرمویەتی: من بەری ئەو دوعایەم. وە ئەو قورئانە پڕ خێرو بەرەکەتەی بۆ ئێمە هانی کە پەیڕەوانی سەربەرزو سەرفرازی هەردوو دنیان. سوپاس بۆ خواو درودو رەحمەتی خوا لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەرمانوتەواوی پێغەمبەرانی تر بێت.

(١٣٠) کێ هەیە کە پشت بکاتە ئاینی ئیبراهیمﷵ کە ئاینی پێغەمبەرمانە بێجگە لەو کەسەی کە خۆی نەفام بکات؟! ئێمە لە دنیادا ئەومان هەڵبژاردو لە رۆژی قیامەتیشدا لە ریزی پیاو چاکانە. واتە: پەیڕەوی لە ئایینی ئیبراهیم ﷵ پێویستە لەسەر ئەم ئوممەتەی پێغەمبەر ﷺ چونکە ئەم ئاینە ئاینی ئیبراهیمە بە زیادەیشەوە.

(١٣١) بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە پەروەردگاری پێی فەرمو: گەردن کەچو گوێ رایەڵ بە بۆمانو بە چاکی فرمانەکانمان جێ بەجێ بکە. ئەویش لەوەڵامدا وتی: من گەردن کەچم بۆ پەروەردگاری جیهان.

(١٣٢) ئا بەو وشە جوانانە ئیبراهیم عليه السلام وەسیەتی کرد بۆ کوڕەکانیو یەعقوبیش عليه السلام کە وتی: ئەی کوڕانی خۆم بە راستیو دروستی خوای گەورە هەڵی بژاردووە بۆ ئێوە ئەم بەرنامەیە ئەوسا نەمرن مەگەر ئێوە موسڵمان بن. ئاشکرایە کە هیچ کەس نازانێت خۆی کەی دەمرێت، مرۆڤ هەر سات ئیحتیمالی مەرگی هەیە کە واتە دەبێ یەك سات لەخوا بێ ئاگا نەبن نەوەك لەو کاتەدا بمرنو بە ناموسڵمانی لەم دنیایەدا بڕۆن.

(١٣٣) ئایا ئێوە لەوێ بوون کاتێك کە یەعقوب عليه السلام گەیشتە سەرە مەرگ کە ئەو کاتە بە کوڕەکانی وت: چی دەپەرستن پاش من؟ ئەوەیە باوکی دڵسۆز کە نزیکی گیان دەرچونیەتی وا لە غەمی کوڕەکانی پێیان دەڵێت: ئێوە لە پاش من چی دەپەرستن؟ ئەوانیش وتیان: خواکەی تۆ دەپەرستینو خوای باوکانت ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاق کە یەك خوایەو ئێمە گەردن کەچین بۆ ئەو خوایە.

لەم ئایەتەوە دەرکەوت کە وشەی ئیسلام لە دێرینەوە لە سەردەمی ئیبراهیمەوە عليه السلام هاتوە هەروەك ئاخر ئایەتی سورەتی حەج دەفەرموێ: ﴿ ئەو لە پێشدا ناوی ناون موسڵمان﴾

وشەی (أَمْ) بۆ بادانەوەیە یان بۆگواستنەوەیە واتە قسەی پێشو وازلێ بهێنەو وەرەبۆ ئەم قسەیە.

(١٣٤) جا لە پاش ئەوەی کە باسی ئیبراهیمو ئیسماعیل کرد بۆ بەنی ئیسرائیل کە ئەوان بە باوەگەورەی خۆیانیان دەزانن‌و هەر کام لە جوولەکەو گاور دەیان وت: باوکی ئێمەیەو زۆر بەوەدا دەنازین قورئان هاتوو پەیوەندی خزمایەتی هەڵوەشاندەوە ئەگەر لە بیرو باوەڕدا یەك نەبنو گەردن کەچی ئاینی خوا نەبن وەك دەفەرموێ: ئەوانە گەلو نەتەوەیەك بون لەپێش ئێوە دا ڕۆیشتن، جا هەربۆ خۆیانە ئەوەی کە کردویانەو تۆڵەی خراپەو پاداشی چاکەیان هەر لەسەر خۆیانەو بۆ خۆیانەو ئێوە بەر پرسیارنین سەبارەت بەوان، واتە بە بۆنەی خزمایەتیو قەومایەتی لەگەڵ ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقوب دا سوودێکتان پێ ناگات، ئەگەر خۆتان چاك

وَقَالُواْ كُونُواْ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ تَهْتَدُواْۗ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِـۧمَ
حَنِيفًاۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٣٥﴾ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ
أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ
وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ
مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿١٣٦﴾
فَإِنْ ءَامَنُواْ بِمِثْلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهْتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا
هُمْ فِي شِقَاقٍۖ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ
﴿١٣٧﴾ صِبْغَةَ ٱللَّهِۖ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبْغَةًۖ وَنَحْنُ لَهُۥ
عَٰبِدُونَ ﴿١٣٨﴾ قُلْ أَتُحَآجُّونَنَا فِي ٱللَّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ
وَلَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُخْلِصُونَ ﴿١٣٩﴾ أَمْ
تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ
وَٱلْأَسْبَاطَ كَانُواْ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰۗ قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ ٱللَّهُۗ
وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِۗ وَمَا ٱللَّهُ
بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٤٠﴾ تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْۖ لَهَا مَا كَسَبَتْ
وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْۖ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٤١﴾

نەبنو ئیشی باش نەکەن،وەپرسیار ناکرێت لە ئێوە لەئەوەی کە ئەوان کردویانە. ئەوان هەرچیان کردووە بۆ خۆیانە ئێوەش هەرچی دەکەن بۆ خۆتانە. ئینجا دێتە سەر باسی قسەی ئەو جوولەکەو گاورانەو دەفەرموێ:

(١٣٥) ئەیان وت: ببن بە جوولەکەو بە گاور دەکەونە سەر ڕێگای راست ودروست. جالێرەدا قسەکانیان کۆ کراوەتەوە ئەگینا ئەوانیش هەر یەکەیان هەرخۆی بە راست دەزانێ وەك لە پێشەوە زانیمانو هەر یەکەیان موسڵمانەکانیان بۆ لای خۆیان بانگ دەکرد. جوولەکە دەیان وت: ببن بە جوولەکە و گاورەکانیش دەیان وت: ببن بە گاور، خوای گەورەیش دەمکوتیان دەکاتو دەفەرموێ: ئەی محمد ﷺ بڵێ: نەخێر وا نیە کە ئێوە دەڵێن ئێمە دوای ئاینی راستو دروستی ئیبراهیم عليه السلام دەکەوێن، خۆ ئیبراهیم عليه السلام لە موشریکان نەبوە کە بابای موشریك خۆی هەڵدەنێتو دەڵێ ئیبراهیم عليه السلام لە ئێمەیە. جا خوا دەفەرموێ:

(١٣٦) بڵێن: ئێمە باوەڕمان هێناوە بە خواو بەوەی کە رەوانە کراوەتە لامانو ئەوەی کە رەوانە کراوەتە لای ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقوبو (اسباط)

بەوەیش کە دراوە بە موساو عیساو ئەوەی کە دراوە بە تەواوی پێغەمبەران لە لایەنی خوای خۆیانەوە کە ئێمە هیچ جیاوازیەك دروست ناکەین لە نێوان ئەو پێغەمبەرانەداو هەموویان وەك یەك بە راست دەزانین(سەلامی خوا لەهەموویان بێ)و پەیامی هەموویان بە حەق دەزانین لە کاتی خۆیاندا و ئێمە تەنها بۆ خوا گەردن کەچینو بەندەو گوێ ڕایەڵی ئەوین. (الأسباط) واتە: نەوەکانی یەعقوب کە بەرەی دوازدە کوڕی ئەو بوونو هەریەکەیان بەرنامەیان بۆ هاتووەو ئێمە بەراستیان دەزانینو باوەڕمان پێیان هەیە. ئێستا پێویستە هەمومان دوای محمدﷺ بکەوین چونکە ئایینەکانی تر بۆ کاتو گەلێکی تایبەت بوونو هەر بۆیەش خوا زەمانەتی نەگۆڕانی نەکردونو دەستکاری کراونو گۆڕاون. بەڵام ئەم قورئانەی پاراستووەو دەیپارێزێت هەتا ئەوڕۆژەی کەدەیباتەوە وەك فەرمویەتی:﴿بەبێگومان ئێمە ئەم قورئانەمان ناردووەو چاودێریشی دەکەین﴾ حیجر/٩ ئەبوهورەیرە دەڵێت: {كَانَ أَهْلُ الْكِتَابِ يَقْرَءُونَ التَّوْرَاةَ بِالْعِبْرَانِيَّةِ وَيُفَسِّرُونَهَا بِالْعَرَبِيَّةِ لِأَهْلِ الْإِسْلَامِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لَا تُصَدِّقُوا أَهْلَ الْكِتَابِ وَلَا تُكَذِّبُوهُمْ ﴿ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا ...الاية ﴾ /البخاري/ ئەهلی کتێب تەوراتیان بەعیبرانی دەخوێندەوەو دەیانکردەوە بە عەرەبی بۆ خەڵکی موسڵمان، جا پێغەمبەر ﷺ فەرموی: نەباوەڕ بکەن بەئەهلی کتێبو نە بە درۆیان بخەنەوەو بڵێن: باوەڕمان هێناوە بەخواو بەوەی کە رەوانە کراوە بۆ لامان...ئەوئایەتە}.

١٣٧ ئەگەر ئەوان باوەڕیان هێنا وەکو ئێوە باوەڕتان هێناوە ئەوە ئەوانیش ڕێگای هیدایەتیان دۆزیوەتەوەو بوون بە برای یەکتر خۆ ئەگەر پشتیان هەڵچەرخاند، ئەوسا ئیتر ئەمانە کەوتوونەتە ناو بەدبەختیو لە یەك جیا بوونەوەو تەفرەقەو لە یەك خوێندنو لە یەك کوشتنەوەو هەمیشە هەر خەریکی ئاژاوەو ئاگری شەڕ هەڵکردنن، ئینجا خوای خاوەن دەسەڵات دڵخۆشی پێغەمبەرمانﷺ دەکاتو دڵی دەداتەوەو دەفەرموێ: ئەمانە ئەگەر هەر دژایەتیت بکەن خوا بۆ تۆ بەسەو پارێزگاریت دەکاتو دوژمنانت زەلیلو سەر شۆڕ دەکاتو بە راستی ئەو بیسەرو زانەرە.

١٣٨ ڕێبازەکەی خوا بگرنو بەم لاو بەم لادا مەڕۆنو دڵخۆش بن بەو ئایینە چونکە بەرنامەی خوایەو کێ هەیە لە خوا جوانتر بەرنامە دابنێت؟ ئێمە هەربۆ ئەو بەندایەتی دەکەین، جا هەر کەسێك بەندایەتیو گەردن کەچی کرد بۆ کەسێك جگە لە خوا ئەوا لەو ڕێبازە دەرچووە. وشەی ﴿ صِبۡغَةَ ﴾ واتە رەنگ، مەبەست ئاینی خوایە.

١٣٩ ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ ئێوە دەمبازی دەکەن لەگەڵ ئێمەدا لە بارەی خواوە، ئێمە دەڵێین خوا بپەرستن، ئێوە دژایەتی خوا دەکەن؟ لەحاڵێکدا کە هەر ئەوە پەروەردگاری ئێمەو پەروەردگاری ئێوەشو کرداری چاکی ئێمە هەر بۆ خۆمانەو کرداری خۆتان بۆ خۆتانەو ئێمە تەنها بۆ ئەو خۆمان یەکلا دەکەینەوە. پاشان بە هێنانی (أَم) باسەکە دەگوازێتەوە بۆ باسێکی ترو دەفەرموێ:

١٤٠ ئایا ئێوە دەڵێن ئیبراهیمو ئیسماعیلو اسحاقو یەعقوبو ئەسبات جوولەکە یان گاور بوون؟ ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئایا ئێوە زاناترن یان خوا بەراستی ئەوان نە جوولەکەو نە گاورو نە موشریك بوون، بەڵکو ئەوانە پێغەمبەرانی راستەقینەی خوا بوونو خۆیشیان دەیانزانی وایە، بەڵام دەیان شاردەوە بۆیە خوا دەفەرموێ: کێ هەیە زاڵم تر لەو کەسەی کە شایەتیەکی لا بێو بیشارێتەوە لە خوا؟ با چاك بزانێت کە ستەمێکی گەورەی لە خۆشیو لە خەڵکیش کردوە، چونکە خوا ئاگای لێیەتی وەك دەفەرموێ: خوا بێ ئاگا نیە لەوەی کە ئێوە دەیکەن. بەراستی ئەوە هەڕەشەیەکی توندی خوایەو بزانن کە هەمو کەس بەتۆڵەی خۆی دەگات. ئینجا دەقی ئایەتی پێشووتری دووبارە کردەوەو دەفەرموێ:

١٤١ ئەوە ئوممەتێك بوون هەرچیان کردووە بۆ خۆیانە ئێوەش هەرچیتان کردووە بۆ خۆتانەو پرسیار ناکرێت لە ئێوە لەو ئیشەی کە ئەوان کردویانە. جا پێویستە ئێمەیش وەك موسڵمان بیر بکەینەوەو زمانمان لە بەرامبەر پێشینە

چاکەکانی خۆمانەوە پاك بیٚو بێجگە لە دوعای خەیر شتێکی تریان پیٚ نەڵێین، مادام پرسیاری کردارەکانی ئەوان لە ئێمە ناکرێت ئیتر ئێمە بۆ خۆمان تاوانبار بکەین بە غەیبەت کردنیان؟!

لەم ئایەتەدا فەرموی پرسیاری ئەوان لە ئێوە ناکرێت ئەمە وا دەگەیەنیٚ کە پرسیاری ئێمە لەوان مومکینە، بەڵیٚ لە راستیدا وایە خراپەو تاوانو چاکەی پێشوان بۆ خۆیانەو ئێمە لەو بارەوە تاوانێکمان نیە تا پرسیارمان لیٚ بکەن بەڵام ئەگەر پێشوان هەوڵی گەڕانەوەی خراپەیەکیان دا بیٚ یان بیدعەتێکیان ساز کردبێتو خەڵکی پاش ئەوان پەیڕەوی کردبن خوای گەورە، بێجگە لە پرسیاری خۆیان پرسیاری سەر لێشێواندنی خەڵکی پاش خۆیشیان لیٚ دەکات.بۆ نموونە: ئیسلام هات ئافرەتی لە روتیو بەرەڵایی رزگار کردو بەرگی شەرمو کەرامەتی کردە بەریو چەندین چەرخ بەم شێوەیە تیٚ پەڕی لە پاشدا بەشێك لە ئافرەتان شەیتان فریوی دانو دووبارە خۆیان روت کردەوە، جا ئەمە کام ئافرەت لە پێشەوە ئەم رەوشتە نا پەسەندەی زیندو کردوەتەوە تا قیامەت هەر ئافرەتێك بەم شێوەیە رەفتار بکات چەند گوناهی دەگات ئەو ئافرەتەی پێشووە ئەوەندە گوناهی ئەگات هەروەها بۆ چاکەیش، کەواتە پرسیاری دواییەکان لە پێشووەکان ئەکرێت وە پێیان ئەوترێت چۆن ئەو رێبازەتان داهێنا؟ فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی کوشتنی هابیل بە دەستی قابیلو فەرمودەی{مَنْ سَنَّ سُنَّةً حَسَنَةً...}و فەرمودەی{الدَّالُّ عَلَىَ الْخَيْرِ كَفَاعِلِهِ} ئەم راستیەمان بە چاکی بۆ رۆشن دەکاتەوە، جا پێویستە ئێمەیش ویژدانمان هەبێتو پیاو چاکانی پێشوی خۆمان ئازار نەدەینو دوچاری حیسابی دوا رۆژیان نەکەینو قەبرەکانیان نەکەین بە جەژنگاو داوای شتێکیان لیٚ بکەین کە لە توانای ئەواندا نیەو نەیانکەین بە هاوبەشی خوا چونکە بێگومان خوای زاناو کار بە جیٚ ئەوانیش لە دادگادا بانگ دەکاتو موحاسەبەیان ئەکات لەسەر ئەم داوا کارییو بۆ چوونەی ئێمە سەبارەت بەوان ئەوەتە خوای گەورە عیسا ﷺکە پێغەمبەرێکی خاوەن شەریعەتە موحاسەبە دەکات لەسەر قسەی بە ناو پەیڕەوانی (تەماشای ئاخیری سورەتی مائیدە بکە)ئایا کیٚ

۞ سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِى كَانُوا۟
عَلَيْهَا ۚ قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ ۚ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ
مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٤٢﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟
شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ۗ وَمَا
جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِى كُنتَ عَلَيْهَآ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ
مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ ۚ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ
هَدَى ٱللَّهُ ۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ
لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٣﴾ قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِى ٱلسَّمَآءِ ۖ
فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا ۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ
ٱلْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ ۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ
أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ
عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٤٤﴾ وَلَئِنْ أَتَيْتَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ بِكُلِّ
ءَايَةٍ مَّا تَبِعُوا۟ قِبْلَتَكَ ۚ وَمَآ أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ ۚ وَمَا بَعْضُهُم
بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ ۚ وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم مِّنۢ بَعْدِ
مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ ۙ إِنَّكَ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٤٥﴾

هەیە لە عیسا ﷺ بەرزتر تا لەو موحاسەبەیە رزگاری ببێت؟ دەی با نەفامەکان واز بێنن لە شێخو پیاو چاکەکانمانو دوچاری ئەو موحاسەبە سەختەیان نەکەن، پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ دەپاڕێتەوە لەگەلەکەی کەگۆڕەکەی نەکەن بەجەژنگەودەفەرموێ: {لَا تجَعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا وَلَا تَجْعَلُوا قَبْرِي عِيدًا وَصَلُّوا عَلَيَّ فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ/ ابوداود.صححه الالباني/ ماڵەکانتان مەکەن بەگۆڕو گۆڕەکەم مەکەن بە جەژنگاو سڵاواتم لەسەربدەن لەهەر کوێدابن پێم دەگات} وصلى الله على النبى الامى محمد وعلى اله واصحابه اجمعين.

ئینجا دوای ئەمانە ئەچێتەوە سەر مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لە مێژوی ئیسلام دا ئەویش مەسەلەی قیبلەیە. لە پێشەوە پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژدا روی دەکردە(بيت المقدس) لە دوایدا خوای گەورە گۆڕایو کردی بە کەعبە. بە راستی ئەمە تاقیکردنەوەیەکی گەورەی سەردەم بوو تا پاكو ناپاك لە یەکتر جیا بکرێتەوەو دەم کوتێکیشە بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن: بەرژەوەندی پێش هەمو شتێکە، لە راستیدا وا نیە، بەڵکو دەرگای تاقیکردنەوەی موسڵمانان

کراوەیەو تا دوا هەناسەی لە هەمو بوارێکدا تاقی دەکرێتەوە چونکە بەو تاقیکردنەوەیە ڕاستیو ناڕاستی مرۆڤ دەردەکەوێتو عادەتو عیبادەت لە یەك جیا دەکرێنەوە خوای گەورە دەفەرموێ:

(١٤٢) لە مەولا کە قیبلەمان گۆڕی بۆ تۆ ئەی محمدﷺ وە ڕومان کردیتە کەعبە سەفیهەکان دەڵێن چ شتێکە ئەوانەی چەرخاندوە لە قیبلەی یەکەم کە لە سەری بوون؟ خوای گەورە دەمکوتی کردنو فەرموی: ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا موڵکی خوایەو هەر چۆنێك خوای گەورە ئەمر بکات من وا ڕودەکەمو هەر کەسێك کە ئارەزۆی لێ بێت ڕێنمایی دەکات بۆ ڕێگای ڕاست.

(١٤٣) هەروەها ئێوەمان دانا بە ئوممەتێکی مام ناوەندی نەوەك ئەوانەن کە دەڵێن خوا نیەو نەوەك بت پەرستو موشریکەکانیشن کە دەیان خوای ناڕاستیان بۆ خۆیان داناوە، بەڵکو ئێوە دەڵێن خوا هەیەو تەنیایە. وشەی (وَسَطًا) بە مانای چاكو خێر هاتوە واتە بە ڕاستی ئێوە ئوممەتێکی چاكوخێرن. وەکو لە سوورەتی ئالی عمران دا ئەفەموێ: ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ :ئێوە چاکترین گەل بوون خوا هەڵی بژاردن بۆ خەڵك ﴾ تاکو شایەت بن لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر خەڵكو ئەو کاتەش پێغەمبەر ﷺ شایەت بێت لەسەر ئێوە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {يَجِيءُ نُوحٌ وَأُمَّتُهُ فَيَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى هَلْ بَلَّغْتَ فَيَقُولُ نَعَمْ أَيْ رَبِّ فَيَقُولُ لِأُمَّتِهِ هَلْ بَلَّغَكُمْ فَيَقُولُونَ لَا مَا جَاءَنَا مِنْ نَبِيٍّ فَيَقُولُ لِنُوحٍ مَنْ يَشْهَدُ لَكَ فَيَقُولُ مُحَمَّدٌ ﷺ وَأُمَّتُهُ فَنَشْهَدُ أَنَّهُ قَدْ بَلَّغَ وَهُوَ قَوْلُهُ جَلَّ ذِكْرُهُ وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَالْوَسَطُ الْعَدْلُ /البخاري/

ڕۆژی قیامەت نوحو ئوممەتەکەی دێن، جا ﷲ پێی دەفەرموێ: ئایا پەیامت گەیاندوە،ئەویش یەژێ: بەڵێ ئەی پەروەردگارم، جابە گەلەکەی دەفەرموێ: ئەو پێغەمبەرە بەرنامەکەی منی پێی ڕاگەیاندن ئەوانیش دەڵێن: هیچ پێغەمبەرێکمان بۆ نەهاتوە جا بە نوح دەفەرموێ: کێ شایەتیت بۆ دەدات؟ ئەویش دەڵێت: محمد ﷺو ئوممەتەکەی، جا ئێمەش شایەتی دەدەین کە نوح بەرنامەی (ﷲ)ی بە گەلەکەی ڕاگەیاندوە، جا ئەمە واتای ئەم ئایەتەیە.}

کاتێ کە پرسیار دەکرێت ئەم ئوممەتە چۆن دەزانن دەڵێن: یارەبی ئێمە باوەڕمان بە پێغەمبەرەکەی تۆ بوو، باوەڕمان بە کەلامەکەی تۆ بوو تۆ لە کەلامەکەی خۆتدا فەرموتە کە پێغەمبەرەکانت تەبلیغیان کردوەو ئوممەتەکان سەرپێچیان کردوەو بە گوێیان نەکردوە ئێمە لەسەر ئەوەشایەتی دەدەینو پێغەمبەریش شاهێدە لە سەرمان کە دەفەرموێ: بەڵێ ئوممەتەکەی من ڕاست دەکەنو ئەو پەیامەیان پێگەیشتوەو شایەتیەکەیان ڕاستە. جا تەماشا کەین چ ئوممەتێکی خێرین، چ ئوممەتێکی بەرزین، ئاخرین ئوممەتین، وە ئەوڵین ئوممەتین دەچینە بەهەشتەوە یەکەم کەس کە دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە پێغەمبەرە ﷺ لە پاشان ئوممەتەکەی ئەوە.

ئینجا دەفەرموێ: ئێمە ئەو قیبلەیەی کەتۆی لەسەربوە نەمانگۆڕیوە مەگەر بۆ ئەوەی کە بزانین کێ پەیڕەوی لە پێغەمبەر ﷺ دەکاتو کێش سەرپێچی دەکاتو پاشگەز دەبێتەوە. کەواتە تاقیکاری شتێکی بناغەییەو دەبێ مرۆڤ تاقی بکرێتەوە لەم ژیانەداو بە بێ تاقیکاری لەم ژیانەدا مرۆڤ ڕزگاری نابێ. هەروەکو خوا دەفەرموێ:﴿ هەرگیز خوا واز لە باوەڕداران ناهێنێت هەتاپاكو پیس لە یەك جیا نەکاتەوە ﴾ ئالی عیمران/١٧٩.

پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ پاش تێپەڕبونی شانزە یان حوڤدە مانگ لە کۆچی، خوای گەورە ئارەزۆ ناو دەروونیەکەی هێنایە دیو قیبلەی بۆ گۆڕیو ڕوی کردە کەعبە لە نوێژی عەسردا، وە لە نوێژی بەیانی دا لە کاتێکدا کە موسڵمانەکان لە مزگەوتی قوبادا لە ڕوکوعدا بوون کەسێك هات وتی: ئەشهەدو بیلا قیبلە گۆڕاوە بە کەعبە. جا نوێژ خوێنەکان هەر لەو حاڵەتەدا چەرخانەوە بەرەو کەعبەو نوێژەکەیان تەواو کرد، واتە: سەرەتای نوێژەکەیان تا زیاتر لە ڕکاتێکی ڕوویان لە بەیتو المقدس بوەو لە ئاخیریو لە سەلامدانەوەدا ڕوویان لە کەعبە بوە، ئەوان ئا بەو شێوەیە لە ئیسلام تێگەیشتن بۆیە هەمویان بون بە مامۆستای جیهانو هەتا هەتایە مێژوو شانازیان پێوە دەکات،

ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمۡۖ وَإِنَّ
فَرِيقٗا مِّنۡهُمۡ لَيَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ (١٤٦) ٱلۡحَقُّ مِن
رَّبِّكَۖ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ (١٤٧) وَلِكُلّٖ وِجۡهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَاۖ
فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ أَيۡنَ مَا تَكُونُواْ يَأۡتِ بِكُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًاۚ
إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ (١٤٨) وَمِنۡ حَيۡثُ خَرَجۡتَ فَوَلِّ
وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۖ وَإِنَّهُۥ لَلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَۗ وَمَا
ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ (١٤٩) وَمِنۡ حَيۡثُ خَرَجۡتَ فَوَلِّ وَجۡهَكَ
شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ وَحَيۡثُ مَا كُنتُمۡ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ
شَطۡرَهُۥ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيۡكُمۡ حُجَّةٌ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ
مِنۡهُمۡ فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ وَٱخۡشَوۡنِي وَلِأُتِمَّ نِعۡمَتِي عَلَيۡكُمۡ وَلَعَلَّكُمۡ
تَهۡتَدُونَ (١٥٠) كَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِيكُمۡ رَسُولٗا مِّنكُمۡ
يَتۡلُواْ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِنَا وَيُزَكِّيكُمۡ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ
وَٱلۡحِكۡمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمۡ تَكُونُواْ تَعۡلَمُونَ (١٥١) فَٱذۡكُرُونِيٓ
أَذۡكُرۡكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِي وَلَا تَكۡفُرُونِ (١٥٢) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ ٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ (١٥٣)

بەڵێ ئەوان چاکترین گەل‌و شایەتن لەسەر ئوممەتان نەك ئێمەی بە ناو موسڵمان‌و بە ناوەڕۆك دەرمانی هەزار دەردان لە جیاتی گوێ رایەڵی‌و پەیڕەوی ڕاست وڕەوان لە ئیسلام بکەین گوێ نادەین بە ئیسلام‌و هیچ نرخێك دانانێین بۆ پێغەمبەری ئیسلام ﷺ بەڵکو بە سازو سەمتوری دوژمنانمان سەمادەکەین!! بەڵێ بە راستی ئەم کۆمەڵە پاکە تاقیکرانەوەو چاکیش دەرچوون لەو تاقیکردنەوە گرنگەدا، هەروەك خوا خۆی دەفەرموێ: بە راستی ئەم گۆڕانکاریە ئیشێکی زۆر گەورە بوو مەگەر لای ئەو کەسانەی کە خوا هیدایەتی دابون.

ئاشکرایە هەندێك لەو تاقیکردنەوەیەدا دەرنەچون‌و جوولەکەکانیش کەوتنە بڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندە دژی پێغەمبەر ﷺ و ئایینە پیرۆزەکەی هەروەك لە پێشەوە دەیان وت: ئەگەر ئایینی ئێمە راست نیە محمد ﷺ بۆ رودەکاتە قیبلەکەمان، ئینجا کاتێ کە گۆڕا وتیان: محمد ﷺ دوو دڵەو دانەمەزراوەو دەیان وت: دیارە هەر کەسێك کە لە پێشەوە بەرەو بەیت المقدس نوێژی کردوەو مردوە تاوانبارە چونکە نوێژەکەی بەتاڵ بوەتەوەو نوێژی ئەمانەیش کە ماون تا ئێستا بێ سوود بووە خوای گەورە بە توندی دەمکوتی کردن‌و فەرموی: خوا بەندایەتی‌و نوێژی ئێوە بەتاڵ ناکاتەوە چونکە بە راستی خوا زۆر میهرەبان‌و بە سۆزە بەرامبەر بە خەڵك‌و چاوپۆشی لە تاوانی خەڵك دەکات ئیتر چۆن چاکەی چاکە کارانی بەندەی باوەڕداری خۆی بەتاڵ دەکاتەوە؟ ئینجا خوای زاناو کار بەجێ درێژە بە باسی قیبلە دەدات‌و دەفەرموێ:

(١٤٤) بەراستی ئێمە دیمان کە تۆ هەمیشە چاوت هەڵدەبڕی بەرەو ئاسمان‌و چاوەڕوانیت دەکرد کە ئێمە ئەو قیبلەیەت بۆ بگۆڕین لە بەر ئەوە ئێمە رووی تۆ دەکەینە قیبلەیەك کە تۆ پێی رازی بیت، جا تۆ رووی خۆت بکەرە ناوەراستی یان بەرەو(مسجد الحرام) کە بریتیە لەو مزگەوتەی کە لە مەکەدا هەیە، ئێوە ئەی خاوەن باوەڕان لە هەر کوێدا بن سا رووی خۆتان بکەنە ئەو ماڵەی خواو پێویستە ئەوەی کە خەڵکی مەکەیە روو بکاتە مزگەوتەکەو خەڵکی تریش روو بکەنە مەکە، واتە: سەدا سەد واجب نیە رووبکاتە مزگەوتەکە بەڵکو بە رەنی خۆی روی لەو مزگەوتەوە بێت بەسە، بە راستی ئەو کەسانەی کە کتێبیان پێ دراوە کە گاوڕو جوولەکەکانن هەردووکیان دەزانن کە ئەمە راستەو لە لایەنی خوای خۆیانەوەیە چونکە دەیانزانی کە یەکێك لە سیفەتەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە کە قیبلەکەی کەعبەیە، بەڵام لە پێشەوە لە بەر قازانجی خۆیان شاردبوویانەوەو نەیان دەگووت‌و ئەگەر دەوامیشی بکردایە لەسەر قیبلەی پێشوو دەیان وت: تۆ ئەو پێغەبەرە نیت چونکە سیفەتی ئەو پێغەبەرە وایە کە دەبوایە رووبکاتە ئەو کەعبەیە، وە خوا بێ ئاگا نیە لەوەی کە ئەوان دەیکەن واتە: ئاگای هەیە لە هەمو فرِوفێڵەکانیان.

وشەی (شَطۡرَ) واتە نیوە یان بەرەو ئەوماڵە. ئینجا خوا سرنجمان رادەکێشێت بۆ ناسینی دوژمنان‌و کەللە رەقیان‌و دەفەرموێ:

(١٤٥) تۆ هەرچی بەلگە بێنیتەوە لەسەر ئەوەی کە قیبلەکەت راست‌و حەقە هەرگیز ئەهلی کتێب باوەڕت پێ ناکەن‌و پەیڕەویت ناکەن‌و تۆش هەرگیز بەدوای قیبلەی ئەواندا ناڕۆیت، واتە: هەر چۆن ئەوان بەتوندی وەستاون

لەسەر ئاینەکەی خۆیان، تۆش ئاوا توند بە لەسەر ئاینەکەی خۆت، ئەمە راستیو خۆگری پێغەمبەرمانﷺ پیشان ئەدات، تەنانەت ئەوان لە ناو خۆیاندا رو لەقیبلەی یەکتر ناکەنو هەریەکەو بۆ خۆیان قیبلەیەکیان داناوە، جا ئەگەر تۆ پەیڕەوی لە ئارەزۆی ئەوان بکەیت پاش ئەوەی کە ئەم حەقیقەتو زانینە هاتوەتە لات، بێگومان ئەو کاتە ئەی محمد ﷺ تۆ لە ستەمکاران دەبیت. ئەی ئیمڕۆ ئێمە کە پەیڕەوی ئەوانین چ حیسابێکمان بۆ دەکرێت؟ ئەمە هەڕەشەیەکە بۆ پێغەمبەر ﷺکە هەڕەشە بۆ پێغەمبەر ﷺ بوو بۆ ئێمەیە، کورد واتەنی "دیوار بە تۆمە، پاسار گوێت لێ بێ".

(١٤٦) ئەو کەسانەی کە ئێمە کتێبمان پێ داون وەك تەوراتو ئینجیل بە راستی محمد دەناسنو دەزانن کە ئەو پێغەمبەرەﷺ و راستە هەر چۆن کوڕی خۆیان دەناسن کە کوڕی خۆیانە، هەر ئاوەها پێغەمبەریشﷺ دەناسن، بەبێگومان کۆمەڵێك لەوان راستیان شاردوەتەوە لەحاڵێکدا کە خۆیشیان دەزانن حەقوراستی کامەیە.

ئەمە بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کەکردار مەرجە بۆباوەڕی ناودەرون ودان پێدا نان چونکە ئەوان بەشایەتی قورئان پێغەمبەریانﷺ بەباشی ناسیوەو لەناوخۆیشیاندا ئەمەیان درکاندوە، جا ئەگەر باوەڕ هەر ناودەرونیو دان پێدانان بێت بەبێ کردار ئیتربۆ ئەوان کافرن؟ وردبەرەوە.

(١٤٧) ئەی محمد ﷺ حەقو راستی هەر ئەوەیە کە لە لایەنی پەروەردگارتەوە بۆت هاتوە ئەوسا تۆ لەوانە نەبی کەوا بکەوێتە گومانەوە لەو شتانەی کە بۆت باس دەکرێت. وەك دەفەرموێ: ﴿ئەگەر تۆ لە بارەی ئەم پەڕاوەوە کە بۆمان ناردویت گومانت هەیە پرسیار بکە لەوانەی کە لە پێش تۆ کتێبیان خوێندوتەوە﴾ یونس:٩٤.

(١٤٨) بۆ هەمو کەسێك قیبلەیەك هەیە کە روی تێدەکەن، دەسا پەلەبکەن بۆ چاکەکردن لەهەرکوێدا ببن خوا هەموتان کۆ دەکاتەوە، بێگومان کە ﷻ توانایيودەسلاتی بەسەر هەمو شتێکدا هەیە.

واتە: هەمو تاقمو حیزبێك بەوەی کەلای خۆیەتی کەیف خۆشەو هەر کەسێك جێگایەکی تایبەتی هەیەو دەیپەرستێتو هەر کەسێك مەحبووبێکی هەیە دوای مەحبوبەکەی کەوتوەو هەر کەسێك رۆگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە وابۆ ئێوەش وەك خەڵکانی تر قیبلەمان دیاری کرد کەواتە ئەمە شتێکی نامۆ نیە کە ئێمە قیبلەی فەلەو قیبلەی جوومان بە تۆ نەداوە، بەڵکو قیبلەیەکی تایبەتیمان بە تۆ داوەولەچاکە کردنیش مەترسن چونکە بەدڵنیاییەوە هیچی ون نابێتو لەهەر کوێدا ئەنجامی بدەن سەرەنجام پێتان دەگاتەوە. هەر سەبارەت بە قیبلە جارێکی تر دەفەرموێ:

(١٤٩) لە هەر کوێدا دەرچویتو لە هەر کوێدا بویت، ئەوسا روو بکەرە (مسجد الحرام) کەبە راستی ئەو گۆڕانو رووتێکردنەی تۆ شتێکی راستەولە لایەنی پەروەردگاری خۆتەوەیەو خوا بێ ئاگا نیە لەوەی کە ئێوە دەیکەن. ئینجا خوای گەورە روو دەکاتە پێغەمبەر ﷺ و هەموو باوەڕداranو دەفەرموێ:

(١٥٠) بەرەو هەر کوێ رۆیشتیتو لە هەر کوێدا بویت رووبکەرە (مسجد الحرام)وئێوەش ئەی گەلی موسڵمان لە هەر کوێ دا بن رووبکەنە مزگەوتی حەرەم. بۆچی ئەمەمان کردوە؟ تا هیچ بەڵگەیەك نەمێنێت بۆ خەڵك لەدژی ئێوە، بێجگە لەوانەی کە زاڵمن لەوان. واتە: زاڵمان قسەی خۆیان هەر دەکەن باسور بزانن کەناحەقیشن چونکە ئەوان بازاڕێکی وایان داناوەو لەگەڵ نەبونی ئایینداا ئەوان دەتوانن بژین، کە ئایین بوو ئەوان ناژین. کەواتە هەمیشە دژایەتی ئایین دەکەن. جا خوای گەورە دەفەرموێ: مەترسن لەوانو تەنها لە من بترسن تا من تەواو بکەم بۆ ئێوە نیعمەتەکەی خۆم کە ئەم ئایینەیەو بەو هیوایە کە رێگای هیدایەت بگرنو دوای حەقیقەت بکەون، بەڵێ ئەگەر بەو زوانە نەگۆڕایە دەیان وت: ئەگەر محمدﷺ ئایینەکەی راستەو دوای ئاینی ئیبراهیم عليه السلام کەوتوە بۆ روناکەتە کەعبە؟! بۆ روودەکاتە بەیتو لموقەدەس؟

(١٥١) هەروەکو چۆن لە ناو خۆتاندا پێغەمبەرێکمان لە خۆتان بۆ ناردون کە نیشانەکانی ئێمەتان بۆ دەخوێنێتەوەو پاکتان دەکاتەوە لەبت پەرستیو رەوشتی

ناپەسەند وە کتێبو حیکمەتتان فێر دەکاتو فێری شتانێکتان دەکات کە ئێوە قەت نەتانزانیوە وەك دەنگوباسی هەندێ لەگەلە پێشووەکانو باسی قیامەتو ئەو نیعمەتانەی کە لە بەهەشتدا هەیەو جەهەننەمو جۆری سزاکانیو چەندین رێنمونی تر کە بەم شێوەیە نەزانراوە. دەگونجێ کافی (كَمَآ) بە مانای (لام) بێت واتە بەو هیوایە کە ئێوە رێگای هیدایەت بگرنو..، یان بەو مانا بێت کە وتمان.

(١٥٢) سا ئێوەش یادی من بکەن منیش یادی ئێوە دەکەم. سوپاسی من بکەن وسپڵەو نمەك نەناس مەبنو بێ باوەڕ مەبن پێم. تەماشا کەن خوای گەورە چەند بە سۆز ومیهرەبانە.

لە فەرمودەی قودسی دا هاتوە خوای گەورە دەفەرموێ: {يَا ابْنَ آدَمَ إِنْ ذَكَرْتَنِي فِي نَفْسِكَ ذَكَرْتُكَ فِي نَفْسِي وَإِنْ ذَكَرْتَنِي فِي مَلَإٍ ذَكَرْتُكَ فِي مَلَإٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ أَوْ فِي مَلَإٍ خَيْرٍ مِنْهُمْ /أحمد. صححه الالباني/ ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر لە نەفسی خۆتان دا یادم بکەن لە نەفسی خۆمدا یادتان دەکەم، ئەگەر لە ناو کۆمەڵێکدا یادم بکەن من لە ناو کۆمەڵێکی فریشتە یان کۆمەڵێکی چاکتر لەو کۆمەڵەی ئێوە یادتان دەکەم}

جا تەماشا بکەن خوای گەورە چەند بە فەزڵو میهرەبانە بەرامبەر بە مرۆڤ وەك دەفەرموێ: (خوا ئەو زاتەیە کە خۆیو فریشتەکانیشی سەڵاوات لە ئێوە دەدەن تالە تاریکاییەکان دەرتان بهێنێ بۆروناکیو ئەو زاتە زۆر میهرەبانە بۆ باوەڕداران﴾ ئەحزاب/ ٤٣ لێرەشدا دەفەرموێ: (یادم بکەن یادتان دەکەم وە شوکرم بکەنو کفرم نەکەن) بۆ؟ چونکە دەفەرموێ: ﴿ئەگەر شوکرم بکەن زیاتری دەکەم بۆتان وە ئەگەر ناسوپاسی بکەن بە راستی سزام سەختە﴾ ئیبراهیم /٧

ئینجا وەك لە پێشدا ئاماژەمان پێ کردو وتمان: مرۆڤی موسڵمان توشی بەڵاو موسیبەتو ناڕەحەتی زۆر دەبێتو لە ناخۆشیەك رزگاری دەبێت دەچێتە ناو ناخۆشیەکی ترەوە واتە ئیسراحەت ناکاتو دنیا خانوی گرفتاریە.

وەك دەفەرموێ: ﴿ بێگومان تۆ زەحمەت زۆر دەکێشی بەرەو خوای خۆت سا پێی دەگەیت﴾ ئینشقاق/٦ مادام وایە ئەی دەرمانی ئەو هەمو زەحمەتانە چیە؟ وتمان دوو دەرمانی هەیە کە یەکێکیان خۆگرییەو ئەوی تریان بریتیە لە نوێژ کە لێرەدا لەبەرگرنگیان دووبارەی کردۆتەوەو دەفەرموێ:

(١٥٣) ئەی باوەڕداران کۆمەك بخوازنو داوای یارمەتی بکەن بۆ خۆتانو هێز پەیدا بکەن بە خۆگریو بە نوێژ. جا چۆن ئەم دوو شتە ئەبن بە هۆی هێزو توانا؟ چونکە﴿بێگومان کە ﷲ لەگەڵ خۆگراندایە﴾ هەروەها دەفەرموێ: ﴿خۆگران پاداشی بێ ژمارەیان هەیە﴾ زومەر/١٠. وە نوێژیش چونکە هێڵێکی راستەوخۆیە لە بەینی بەندەو خواداو بەو روو تێکردنە دڵی بتەوتر دەبێتو دەتوانێ رازو نیاز لەگەڵ خوای خۆیدا بکات کە ئەمە ئەبێ بە هۆی ئارامیو خۆگریو دڵخۆشی مرۆڤو دەزانێ کە خوا خاوەنی سۆزەو ئاگای لە ناڕەحەتیو سەختیەکانی ئەو هەیەو ناگونجێ هاواری ئەو بێ سوودو بێ کەڵك بێت بەڵکو باوەڕ پەیدا دەکات کە ئەم بارە گرانە زۆر بە سوودە بۆی چ لەم دنیایە چ لەو دنیادا، بۆیە پێغەمبەرمان ﷺ هەر کاتێك کە تەنگو چەڵەمە یەخەی دەگرت دەیفەرمو: { ئەی بیلال کەیف خۆشمان بکە} واتە بانگ بدە با نوێژ بکەین بەمە کەیف خۆش دەبین.

بەڵێ خۆگریو نوێژە دەرمانی هەمو برینەکانی خاوەن باوەڕانو بەو دووانە دەتوانن سەرکەون بە سەر تەواوی تەنگو چەڵەمەو دوژمنانیاندا ئیتر دوژمنی ناوەکی بێت وەك نەفسو شەیتان یان دوژمنی دەرەکی وەك ستەمکارانو موشریکانو بێ باوەڕان. ئینجا دەچێتە سەر باسی ئەو کەسانەی کە لە رێگای خوادا شەهید دەبن. ئەدەبی مرۆڤی موسڵمان دەبێ چۆن بێت بەرامبەر بەو کەسانەی کە لە رێگای خوا دا شەهید دەبن، ئەبێ چۆن بیر بکاتەوە بەرامبەریان؟دەفەرموێ:

وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَن يُقْتَلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتٌۢ ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ وَلَٰكِن
لَّا تَشْعُرُونَ ﴿١٥٤﴾ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ
وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ
﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓا۟ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ
﴿١٥٦﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾ ۞ إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ ۖ
فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ
بِهِمَا ۚ وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ ﴿١٥٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلْنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلْهُدَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا بَيَّنَّٰهُ
لِلنَّاسِ فِى ٱلْكِتَٰبِ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ يَلْعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ
﴿١٥٩﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ وَأَصْلَحُوا۟ وَبَيَّنُوا۟ فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَتُوبُ
عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ
كُفَّارٌ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ ٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ
﴿١٦١﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ
﴿١٦٢﴾ وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾

﴿١٥٤﴾ نەڵێین بەو کەسانەی کە لە ڕێگای خوادا دەکوژرێن مردوون بەڵکو ئەمانە زیندوون بەڵام ئێوە هەستی پێ ناکەن.

لەم ئایەتەدا دەفەرموێ: نابێ بە زمان بڵێین وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ گومان نەکەن ئەوانەی کە لە ڕێگەی خوادا کوژراون مردوون نەخێر، ئەوانە زیندوون کەلە لایەن خوای خۆیانەوە رزق‌و رۆزیان پێ دەدرێ﴾ئالی عیمران/١٦٩. واتە نابێ گومانیشی لە نە مردنی ئەواندا هەبێت چونکە شەهید کە ژیانی خۆی لەپێناو ﷲ دا بەخت کردوە پەروەردگاری لەباتی ئەو ژیانەی، ژیانێکی وای پێدەدات کە چۆنییەتێکەی بۆ ئێمە دەرك ناکرێت کەواتە حەق نیە بە هیچ شێوەیەك بوترێت مردوە یان گومانی مردنی لێ بکرێت چونکە مرۆڤی زیندو دوو حاڵەتی هەیە یان خەوو خواردن‌و ئیسراحەت یان ئەبێت بە هۆی جوڵاندنی خەڵك‌و قسە کردن لەگەڵ خەڵکداو بڵاو کردنەوەی ئاینی خوا لە ناو خەڵکدا. لە ڕاستی دا شەهید هەردووکیانی هەیە بە نەسی قورئان لەوێ رزقیان دەدرێتێ ﴿عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ /آل عمران: ١٦٩/ لای پەروەردگاریان رزق‌و رۆزیان پێدەترێت﴾ واتە خواردن‌و ئیسراحەتیان هەیە، هەروەها لە فەرمودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە کە دەفەرموێ: {أَرْوَاحُهُمْ فِي جَوْفِ طَيْرٍ خُضْرٍ لَهَا قَنَادِيلُ مُعَلَّقَةٌ بِالْعَرْشِ تَسْرَحُ مِنْ الْجَنَّةِ حَيْثُ شَاءَتْ ثُمَّ تَأْوِي إِلَى تِلْكَ الْقَنَادِيلِ فَاطَّلَعَ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ اطِّلَاعَةً فَقَالَ هَلْ تَشْتَهُونَ شَيْئًا قَالُوا أَيَّ شَيْءٍ نَشْتَهِي وَنَحْنُ نَسْرَحُ مِنْ الْجَنَّةِ حَيْثُ شِئْنَا فَفَعَلَ ذَلِكَ بِهِمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ فَلَمَّا رَأَوْا أَنَّهُمْ لَنْ يُتْرَكُوا مِنْ أَنْ يُسْأَلُوا قَالُوا يَا رَبِّ نُرِيدُ أَنْ تَرُدَّ أَرْوَاحَنَا فِي أَجْسَادِنَا حَتَّى نُقْتَلَ فِي سَبِيلِكَ مَرَّةً أُخْرَى فَلَمَّا رَأَى أَنْ لَيْسَ لَهُمْ حَاجَةٌ تُرِكُوا/مسلم / گیانیان لە ناو لەشی باڵندەیەکی سەوزدایە کەچەندین لالەی هەڵوەسراو بە عەرشیان هەیە لە ناو بەهەشتدا بە ئارەزۆی خۆیان دەسوڕێنەوە، لەپاشاندا بۆ حەوانەوە دێنەوە لای ئەولالانە، جا پەروەردگاریان جارێك خۆیان لێ ئاشکرا دەکات و پێ یان دەفەرموێ: ئایا شتی ترتان دەوێت؟ دەڵێن: جا چیمان بوێت لەحاڵێکدا لەم بەهەشتەدا بەئارەزۆی خۆمان دەسوڕێینەوە؟ سێ جار ئەم پرسیارەیان لێ دەکات، جا کاتێ کە دەزانن وازیان لێ ناهێنرێت هەردەبێ داوای شتێك بکەن، وتیان: ئەی پەروەردگارمان دەمانەوێ گیانمان بکەیتەوەلە شمان تا جارێکی تر لەڕێگای تۆدابکوژرێینەوە. جاکاتێ دەبینێت کە هیچ پێویستیەکیان نیە وازیان لێدەهێنرێت}

کەواتە ژیانیانیشیا هەیە. جائەوان چۆن لە دنیادا خواردن‌و خواردنەوەیان هەبوو، لەوێش خواردن‌و خواردنەوەیان هەیە بە زیاترەوەو چۆن لە دنیادا خەڵکیان تەحریك دەکردو هەڵیان دەنان بۆ جیهاد بە شەهادەتەکەیان خەڵك زیاتر دەجوڵێت، جا نەك هەر مرۆڤی باوەڕدار بەڵکو کوشتنی هەر کەسێك لە ناو قەومێکا بە دەستی قەومێکی تر دەبێت بە هۆی جوڵانی قەومەکە واتە: ئەو کوشتنەی بە ناحەق زۆر گڕو تین دروست دەکات، لە ناو قەومەکەیدا، بەڵام ئەگەر لە ڕێگەی خوادابێت گڕو تینەکەی زۆر زیاترە.

جا وا جارێکی تر قورئان سرنجمان رادەکێشێ بۆ لای تەنگ‌و چەلەمەو سەختی پاش ئەوەی کە دەرمانەکانی بۆ باس کردین (خۆگری‌و نوێژ) تا رۆڵە بە جەرگ‌و نەبەزەکانی ئیسلام فێری خۆگری‌و مەردانەیی بکات‌و لە

هیچ کۆسپێك سڵ نەکەن‌و بزانن کە دنیا خانوی تاقی کردنەوەیەو هیچی تر، هەروەك خوای گەورە لە سورەتی (ملك/٢ دا دەفەرموێ:﴿ ئەوزاتەیە کە مەرگ‌و ژیانی دروست کردووە تا تاقیتان بکاتەوەودەرکەوێت کە کامتان ئیشی باشتر دەکەن﴾ لێرەش دا دەفەرموێ:

(١٥٥) بەدڵنیاییەوە تاقیتان دەکەمەوە بە شتێك لە ترس‌و برسێتی‌و بە کەمکردنەوە لەماڵ‌و سەروەتتان‌و خۆتان بەروبومتان. لێرەدا ترسی پێش خستوە چونکە ترس بۆ مرۆڤ لە هەمو شت مەترسی دارترە ئەگەر ترس پەیدا بوو مرۆڤ خزم‌و کەس‌و کاریشی لە بیر نامینێ، هەموی لە بیر دەچێت. بە راستی مرۆڤ بە برسێتی زۆر تەنگاو دەبێت. بیستومە هی وا هەبوە کە برسی بوە منداڵی خۆی کوشتوەو خواردویەتی‌و ئەمانی تر کەمێ ئاسانترە ئەمانە تەنهابۆ تاقی کردنەوەی خەڵکن لە دنیادا تا هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبێت‌و بەهانەی نەمێنێت لە قیامەتدا، بۆیە دەفەرموێ: مژدە بدە بە خۆگران. کامەیە وەسفی خۆگران؟ دەفەرموێ:

(١٥٦) ئەو کەسانەن کە هەر گرفتارییەکیان توش بێت دەڵێن: ئێمە بەندەو دروستکراوی خواین‌و بۆ لای خۆی دەگەڕێینەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {إِذَا أَصَابَتْ أَحَدَكُمْ مُصِيبَةٌ فَلْيَقُلْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ اللَّهُمَّ عِنْدَكَ أَحْتَسِبُ مُصِيبَتِي فَآجِرْنِي فِيهَا وَأَبْدِلْ لِي بِهَا خَيْرًا مِنْهَا/ ابوداود، صححه الالباني / هەر کاتێ یەکێك لەئێوە دوچاری گرفتێك هات بابڵێت: إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ/ ئێمە بەندەو دروستکراوی خواین‌و هەر بۆ لای خۆیشی دەگەڕێینەوە. ئەی خوایە داوای پاداشتی ئەم گرفتارییەم دەکەم ساپاداشم بدەرەوەو بیگۆڕەوە بۆم بە چاکتر لەوە}

وەهەروەها دەفەرموێ: {لَيْسَ مِنَّا مَنْ ضَرَبَ الْخُدُودَ، أَوْ شَقَّ الْجُيُوبَ. أَوْ دَعَا بِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ / متفق علیه / لە ئێمە نیە ئەو کەسەی لەرومەتی خۆی دەدات یان جلی دەدڕێنێت یان بانگ‌و سڵا لێ دەدات وەك سەردەی نەفامی} جا کاتێ کە ئاوەهایان وت: خوای گەورە بریاری سێ خەڵاتی گەورەو گرنگی پێ داون کە ئەمانەن:

(١٥٧) یەکەم ـ ئەوانە لافاوی لێ بوردنی پەروەردگاری خۆیان لە سەرە. دووەم ـ سۆزو رەحمەتیان بۆ دەنێرێت‌وبەر رەحمەتی ئەودەکەون. سێهەم ـ ئەوانە رێنمای کراون‌و رێگەی هیدایەتیان گرتوەو کەوتونەتە سەر شەقامە راستەقینەکەی ئایینی خوا. هەندێك پێیان وایە: ئەگەر مرۆڤێك موسڵمان بوو نابێ بکەوێتە ناو تەنگ‌و چەڵەمەوە، پێویستە بزانن کە ئەم بۆ چوونە زۆر هەڵەیە، بەڵکو بەڵاو ئێش‌و ئازار زۆرتر بۆ موسڵمانە وەك پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: { أَشَدُّ النَّاسِ بَلاءً الأَنْبِياءُ ثُمَّ الأَمْثَلُ فالأَمْثَلُ يُبْتَلى الرَّجُلُ على حَسَبِ دِينِهِ فإِنْ كانَ في دِينِهِ صُلْباً اشْتَدَّ بَلاؤُهُ وإنْ كانَ في دِينِهِ رِقَّةٌ ابْتُلِيَ على قَدْرِ دِينِهِ فَما يَبْرَحُ البَلاءُ بالعَبْدِ حَتَّى يَتْرُكَهُ يَمْشِي على الأَرْضِ وما عليهِ خَطِيئَةٌ / احمد وغيره، صححه الالباني/ ئەوەی لە هەموتان بەڵای زۆرتری تووش هاتوە پێغەمبەرانن، ئینجا کێ لە پێغەمبەران نزیکتر بێت بەڵای زیاترە، جا هەر پیاوێك بەگوێرەی ئایینەکەی بەڵای بەسەرا دەدرێت خۆ ئەگەر لەئایینەکەی دا پتەوو رەق بو بەڵاکەیشی توند دەبێت‌و ئەگەر لەئایینەکەی شل‌وشۆڵ بو ئەوە بەڵاکەیشی بەگوێرەی ئایینەکەیەتی، جا بەڵا لەکۆڵی بەندە نابێتەوە تاکاتێ کەبەجێی دەهێڵێت بەم سەرزەوییەدا دەگەڕێت لەحاڵێکدا کەهیچ تاوانێکی بەسەرەوەنامێنێت}

جا بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {عَجِبْتُ مِنْ أَمْرِ الْمُؤْمِنِ إِنَّ أَمْرَ الْمُؤْمِنِ كُلَّهُ لَهُ خَيْرٌ وَلَيْسَ ذَلِكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ كَانَ ذَلِكَ لَهُ خَيْرًا وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ فَصَبَرَ كَانَ ذَلِكَ لَهُ خَيْرًا /احمد، صححه الالباني/ سەرم سوڕدەمێنێ لە ئیشی باوەڕداران کەکاروباری هەموی خێرەوئەمەش هەر بۆ باوەڕدار هەیە. ئەگەر نیعمەتی بە سەردا رژاند شوکری دەکات کە چاکەیە بۆی ـ چونکە خوا بە زیاد کردن بۆی پاداشتی دەداتەوە ـ و ئەگەر نارەحەتی تووش هات جا خۆی گرت ئەویش چاکەیە بۆی ـ چونکە خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە ـ}.

(١٥٨) سەفاو مەروا هەندێکن لە دروشمەکانی الله کە هاتوچۆ کردن بەو شێوەیەی کە شەریعەت باسی کردوە، مانای وایە رێز گرتنە لە فرمان‌و ئەمری الله، دەی هەر کەسێك حەجی

بەیتی کرد یان عومرەی کرد هیچ گوناهی تێدا نیە کەتەوافی ئەم دووانە بکات هەر کەسێك زیاتر لە ئەندازەی خۆی چاکە بکات سوودی چاکی دەست دەکەوێت، چونکە بێگومان کە خوا پاداشتی سوپاس گوزاران دەداتەوە، زۆر زانەرە بە ئیشەکانتان.

جا ئەو سەفاو مەروایە کاتی خۆی لەسەر هەر یەکێکیان بتێکیان لەسەر دانا بوو موسڵمانەکان پێیان وابوو مادام بتیان لەسەر داناوە لە پێشا ئیتر نابێ ئەمڕۆ بچنە سەریان، بەڵکو پێویستە دژایەتی موشریکان بکرێت چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانمان پێدەکات بەپێچەوانەی موشریکانو کافران بجوڵێنەوە، هەرچی ئەوان دەیکەن ئێوە مەیکەن لە بەر ئەوە وتیان: ئەگەر بچین بۆ سەفاو مەروە تووشی گوناە دەبین، ئینجا خوای گەورە ئەم ئایەتەی ڕەوانە کردو فەرمووی: نەخێر سەفاو مەروە دوو دروشمی خوان بە تەواف کردنیان گوناهتان لەسەر نانووسرێت.

پەیوەندی ئەم ئایەتە بە ئایەتی شەهادەتو خۆگریو نوێژەوە چییە؟

یەکەم: هەموویان بەندایەتین ئەمیش وەکو ئەوان.

دووەم: ئیشی خوا ناسێکی خۆگر بوە هەتا قیامەت هەر باسی دەکرێتو یادگارێکی ئەو کاتەن کە خاتون (هاجەرە) منداڵەکەی بە جێ هێڵاو لە هەمو شتێك نائومێد ببو،وە لەنەمانو لەناو چون زۆر نزیك بوو، بەڵام چونکە بە ڕاستی هاواری کردە خوا، خوای گەورە گەیشتە فریای زەمزەمی بۆ دروستکردو بوە هۆی ئاوەدانی شاری مەکەو هۆی دروستبونی کەعبە. جا هاتوچۆی سەفاو مەروە ئەوە دەخاتە بیری مرۆڤەوە کەئەی مرۆڤ تۆ ڕۆژێکی سەختی وات هاتوە بەسەرداو کەوتویتە حاڵەتێکی واوە کەغەیری من کەست شك نەدەبرد تەنها ئومێدت من بوو دەی منیش هاتم بە هاوارتەوەو فریات کەوتمو ئەمەیشم کرد بەدروشمێك لە دروشمەکانی خۆم تا خاوەن باوەڕان دڵنیابن کە هەر کاتێ بەدڵێکی سافو بیروباوەڕێکی پاکو بەئاگاییەوە هاوار بکەنە من، منیش وەڵامیان دەدەمەوە. ئینجا سەبارەت بەو کەسانەی کەحەق دەشارنەوە دەفەرموێ:

(١٥٩) بێگومان ئەوکەسانەی کـە دەیشارنەوە ئەوەی کەئێمە ڕەوانەمان کردوە لە نیشانە ئاشکراکانو ڕێنمایی پاش ئەوەی کە ئێمە بەیانمان کردوە بۆ خەڵك لە قورئان دا ئەوانە خوا نەفرینیان لێ دەکاتو هەمو لەعنەت چیەکانیش لەعنەتیان لێ دەکەن. بە ڕاستی ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر قورسە بۆ ئەهلی عیلم کە خۆیان بە خوێندەوار دەزانن کە کۆمەڵێکی زۆر لە ئێمەی وەبەر دەکەوێت چونکە زۆر حەقائیقمان شاردوەتەوەو زۆر ڕاستی هەیە لەترسا یان لەبرسا نەمانتوانیوە بیڵێین.

(١٦٠) بێجگە لەو کەسانەی کە ئەم سێ شتانە ئەنجام ئەدەن: تەوبە بکەنو پەشیمان ببنەوە لەو هەڵەیەی کە کردوویانەو لەو هەڵوێستەی کە بویانەو ئیشی باش بکەنو بەیانی ئەو حەقیقەتە بکەنو بڵێن کە فلانە شتمان نەوتووە کە ئەمە حەقیقەتەکەیەتی. ئەو کاتە خوای گەورە دەفەرموێ: ئەوسا من تەوبەیان لێ وەردەگرمو بە ڕاستی من تەوبە وەردەگرمو زۆریش بە سۆزم.

ئەبو هورەیرەوە ﷺ دەڵێت: {ئەڵێن خەڵکی باسی ئەبو هورەیرەیان دەکرد دەیان وت: بۆ کۆچەریو یاریدەدەرەکان ئەوەندەی ئەو فەرمودە ناگێڕنەوە؟! ئەبو هورەیرە وتی: برایانی کۆچەریم مامەڵەی بازاڕ سەرگەرمی دەکردنو برایانی یاریدەدەریشم بەکاروباری خۆیانەوە سەرگەرم بوونو منیش مرۆڤێکی نەدار بوومو چەسپیام بەپێغەمبەرەوە ﷺ بە پڕەسکی خۆم ڕازی بوم، جا من کاتێ کە ئەوان نەبوون لەوێ من هەر لەوێ دەبومو ئەوەی کەئەوان لەبیریان دەچویەوە من لەبەرم دەکرد، ڕۆژێکیان پێغەمبەر ﷺ فەرموی: هیچ کام لە ئێوە پۆشاکی خۆی ڕاناخات هەتا من لە قسەکانم دەبمەوەو لەپاشان کۆی بکاتەوە لەسەر سینگی خۆی، ئیتر هەرگیز هیچ شتێك لەقسەکانی منی لەبیر بچێتەوە، جا منیش عەباکەی خۆم ڕاخست کە جگە لەو هیچی ترم پێوە نەبو هەتا پێغەمبەر ﷺ لەقسەکەی بویەوە لەپاشان کۆم کردەوە لەسەر سینگم بەو کەسەی کە ئەوی بەحەق ڕەوانە کردوە لەو قسەیەوە هەتا ئیستا هیچم لەبیر نەچوەتەوە بە خوا ئەگەر لەبەر دوو ئایەت لەقورئاندا نەبوایە - واتە ئایەتی سەدو

إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ
وَٱلْفُلْكِ ٱلَّتِي تَجْرِي فِي ٱلْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ
مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٍ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا
مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلْمُسَخَّرِ
بَيْنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿١٦٤﴾ وَمِنَ
ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ
وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ وَلَوْ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ إِذْ يَرَوْنَ
ٱلْعَذَابَ أَنَّ ٱلْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعَذَابِ ﴿١٦٥﴾
إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ وَرَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ
وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ لَوْ أَنَّ
لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا۟ مِنَّا كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ
أَعْمَٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿١٦٧﴾
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُوا۟ مِمَّا فِي ٱلْأَرْضِ حَلَٰلًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا۟
خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿١٦٨﴾ إِنَّمَا يَأْمُرُكُم
بِٱلسُّوٓءِ وَٱلْفَحْشَآءِ وَأَن تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٦٩﴾

پەنجاونۆو سەدو شەستی سورەتی بەقەرە- هەرگیز هیچ قسەیەکم بۆ نەدەکردن /متفق علیە/ }

(١٦١) بێگومان ئەو کەسانەی کە بێ باوەڕنو بە کافری دەمرن ئەوانە بەر لەعنەتی خواو فریشتەکانو هەمو خەڵك دەکەون.

لەعنەت واتە دور و بێ بەش بوون لە رەحمو بەزەی پەروەردگار جا ئەو کەسەی بە کافری بمرێت دورە لە رەحمی پەروەردگارو سەرئەنجامیش بۆ هەمیشە لە ناو ئاگردا دەمێننەوە. بزانە کە لەعنەت بەدیاریکراو (معین) لە کەس ناکرێت جگە لەو کەسەی کە بزانین بە کافری مردوە، بەڵام بە گشتی (عام) لەعنەت دەکرێت لەوانەی کە لە قورئان یان فەرمودەکان لەعەنیان لێکراوە وەك دەڵێن: لەعنەت لە زاڵمان.

(١٦٢) ئەمێننەوە لەناو ئەو لەعنەتو نەفرینەدا کە بەرهەمی ئەو لەعنەتە سزای سەختی دۆزەخە کە ئەو سزا یەیان لەسەر سووك ناکرێتو ئەوانە مۆڵەتیان پێ نادرێت کە ئیسراحەت بکەنو کەمێ پشوو بدەن. ئەوەیە بەرهەمی خوا نەناسیو لاساری.

(١٦٣) خوای ئێوە یەك خوایە کە هیچ پەرەسراوێکی راستەقینەی تر نیە بێجگە لەو خوایەی کە زۆر بە سۆزە لە دنیادا بۆ هەمو مەخلوقاتی خۆی بێگیانو گیاندار، باوەڕدارو بێ باوەڕدار بەڵام ئەم سۆزە لە قیامەتدا، تایبەتە بە باوەڕدارانەوە.

(١٦٤) لێرەدا چەند نیشانەیەك لەسەر عەزەمەتو دەسەڵاتی خۆیمان بۆ باس دەکات بۆ ئەوەی کە زیاتر بیناسین. دەفەرموێ: بە راستی لە دروستکردنی ئاسمانانو زەویداو لە گۆڕاندنی شەو رۆژوکەمو زیاد کردنیان داو لەو کەشتیانەی کە هاتوچۆ دەکەن بە ناو دەریادا بۆ ئەوەی کە سوود بگەیەنێت بە خەڵكو لەوەی کە خوا رەوانەی دەکات لە ئاسمانەوە لە ئاو، ئینجا پاش ئەوە کە زەوی دەمرێتو گیاو شتی لێ وشك دەبێت سەوزی دەکاتەوەو بڵاوکردنەوەی ئەو هەمو جانەوەرانە لەم زەوییەداو لە گۆڕاندنی باکان کەهەر دەمێك لە لایەکەوە دێتو لەو هەورەی کە گەردن کەچە لە نێوان ئاسمانو زەویدا ئا لەمانەی کە باس کران چەندین بەڵگە هەیە لەسەر دەسەڵاتو هێزو زانایيو کار بە جێی خوای تاكو تەنیا بۆ ئەو گەلەی کە فامی شت بکەنو عەقڵ بخەنە کارەوە چونکە هیچ کەس ئەم ئیشانەی لێ نایەتو توانای هیچ کام لەو شتانەی نیە بۆ نموونە کێ دەتوانێ شەوو رۆژ بگۆڕێت؟ کێ هێزی پاڵنەری لە ناو دەریاکاندا داناوە؟ کێ باران دەبارێنێو کێ دانە دانەی دەکات؟ کێ ئەو هەمو گیان لەبەرە زۆرو جۆراو جۆرانەی دروست کردوە هیچیانی لە بیر ناچێتو رزقی هەموویشیان دەدات؟ کێ دەتوانێ باکان بگۆڕێو هەردەمێك لە لایەکەوە بیانهێنێ؟ کێ ئەو هێزە گەورەیەی بەو شتە نەبینراوە داوە کە زۆر جار بیناکان دەروخێنێت؟ وە کێ یە ئەو هەورەی راگرتوە لە نێوان ئاسمانو زەویداو بۆ هەر جێگایەك کە پێویست بێت رەوانەی دەکات؟ بە راستی ئا لەمانە دا سەدان بەڵگە هەیە بۆ مرۆڤی ژیرو زانا لەسەر دەسەڵاتو هێزو تەنیایی خوای گەورە بەڵام بە داخەوە زۆربەی مرۆڤ خۆی بەرەو هەڵدێر دەباتو ژیری خۆی لە دەست دەداتو لەگەڵ ئەم هەمو بەڵگە راستو دروستانە دا هاوەڵو شەریك بۆ خوای گەورە دادەنێت؟! بەڵێ ئەگەر

خوای گەورە هێزێکی پاڵنەری دروست نەکردایە لە ناو دەریادا کەشتیەکان نەیان دەتوانی بڕۆن بە سەر دەریادا، ئەگەر ئەو پاڵنەرە بە هێزە نەبێت ئەو هەمو ئاسنە چۆن دەڕوات بە سەر ئەو دەریا گەورەو فووڵانەداو چۆن بە سەر ئاو دەکەوێت بۆ نقوم نابێت؟

(١٦٥) هەندێك لە خەڵك بێجگە لە خوا چەند هاوەڵو شەریکانێکیان داناوەو دەی پەرستن، خۆشیان دەوون هەروەك چۆن خوایان خۆش دەوێت، بەڵام ئەوانەی کە باوەڕیان هەیە بە الله خۆشەویستی ئەوان بۆ خودا زۆر زۆرترە لەو خۆشەویستیە کە ئەو موشریکانە هەیانە بۆ خواکانیان. وە ئەگەر چاوت بکەوێت بە ستەمکاران کاتێ کە بە چاوی خۆیان سزای جەهەننەم دەبینن‌و دەزانن کە هەمو هێزو دەسەڵات هەر هەموی بۆ الله یەو کەس هیچی لە دەست نایەت، بەبێگومان سزای خوا زۆر سەختە. بەڵێ ئەمە سزای ئەوانەیە کە توشی شیرکی خۆشەویستی بوون، واتە: چۆن خودایان خۆشویستوە ئاوەها جگە لە خوایان خۆشویستوە جا حاڵی ئەوانە چۆنە کە جگە لە الله یان زۆرتر لە الله کەسێکی تر یا شتێکی تریان خۆش ویستوە یان خۆشەویستیان هەر بۆ الله نەبوە، دیارە کە ئەو موشریکانەی کە لەم ئایەتەدا باسیان هاتوە ئەوانەن کە خوایان خۆش دەوێت بەڵام ئەم خۆشەویستیە نابێ بە مایەی نەجات‌و داخڵ بونیان لە ریزی باوەڕداراندا بەڵکو پێویستە کە لەگەڵ ئەم خۆشەویستیەدا ئەوەی کە الله پێی خۆشەویپێی رازیە ئەویشی خۆش بوێت‌و پێی رازی بێت‌و لەو خۆشەویستیەدا کەس نەکات بە هاوەڵی اللهو خۆشەویستیەکانی تری لەبەر خواو بۆ خوا بێت نەك لەگەڵ خودا کە ئەمەیان شیرکی تەواوەو ئەوی پێشو تەواویەتی ئیمانە.

(١٦٦) جا وەیریان بهێنەرەوە ئەو کاتەی کە رەئیس‌و سەرۆك‌و تاغووتەکان بێزاری خۆیان سەبارەت بە ژێر دەستەکانیان دەر دەبڕن‌و دەڵێن درۆ دەکەن ئێوە پەیڕەوی ئێمە نەبون کە سزا دەبینن هەمو هۆیەکان دەبچڕێت نە خزمایەتی دەمێنێت‌و نە پارەو مەقام، واتە ئەوەی کە هۆی پەیوەندیان بوە لە دنیاداو ئەوانی بە یەکترەوە بەستوە هەمو دەپچڕێت نەك لە بەر ئەوەی کەیەکتر ناناسن بەڵکو لە بەر ئەوەی کە سزای قیامەت سەختەو دەترسن ئەوانیش داوای مافی خۆیانیان لێ بکەن.

(١٦٧) ئەوانەی کە تابیع بوون دەڵێن وەڵاهی ئەگەر جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ دنیا ئەوسا ئێمەش خۆمان لەوان دوور دەخەینەوەو جارێکی تر پەیڕەویان ناکەین هەروەك ئەوان ئەمڕۆ خۆیان لە ئێمە دوور خستەوەو بێزاریان لە ئێمە دەربڕیوە، بەڵێ نەزان‌و نەفامەکانی دنیا ئەو کاتە بیر دەکەنەوە کە تازە کار لە کار ترازاوە، هەر ئاوەها خوای گەورە پیشانیان دەدا کردارەکانیان‌و دەبێت بە داخ‌و حەسرەتێکی زۆر بۆیان‌و هەناسەیان لە گەروویاندا پەنگ دەخواتەوەو قەپ بە لێوی خۆیاندا دەکەن، بەڵام تازە چ سوودێکی هەیە بۆیان ئەو پەشیمانی‌و داخ‌و خەفەتە چونکە ئەوانە تازە نایەنە دەرەوە لە ئاگری جەهەننەم‌و لە ناو ئاگردا دەمێننەوە، جا ئەی هەڵخەڵەتاوان بیر کەنەوەو فریای خۆتان کەون تا لە دنیا دان‌و بە پەلە نەفرین بکەن لە تاغووت‌و پەیڕەوو ڕێبازیان‌و ڕێبازی پەروەردگاری خۆتان هەڵبژێرن ئەگینا دڵنیابن پەشیمان دەبنەوە لە کاتێکدا کە پەشیمان بوونەوە سوودی نیە بۆتان.

بزانە: یەکەم- (نِد) واتە وێنە و هاوسەنگ وە بە دژیش (ضد) مانا کراوەکە مانای لازمی (ند)ە.

دووەم-ئەم هاوبەشیە لە خۆشەویستی‌و ڕێز لێناندایە ئەگینا هیچ کافرێك ئینکاری خالق‌و رازقیەتی خوای نەکردوە.

.سێهەم- مانای ﴿يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ﴾ بە دوو شێوە کراوە یەکەمیان ئەوەبوو لە پێشەوە باسمان کرد واتە کافرەکان‌و موشریکەکان خوایشیان خۆش دەوێت، بەڵام قیادەو شێخ‌و ئاغاو ئیمام‌و موجتەهیدو بتەکانیشیان وەك خوا خۆش دەوێت. مانای دووەم: واتە ئەوموشریك وبێ باوەڕانە ئەو شتانەی کە باسکران خۆشیان دەون هەروەك چۆن خاوەن باوەڕان خوایان خۆش دەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا مانای یەکەم نزیکترە چونکە ئەوان ئەو شتانەیان هاوتای خوا کردوە لە خۆشەویستیاو لە ڕۆژی قیامەتدا دان بە هەڵەی خۆیان دا دەنێن‌و دەڵێن ﴿سوێند بە خوا ئێمە لەسەر

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوا۟ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ
ءَابَآءَنَآ ۗ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا
يَهْتَدُونَ ﴿١٧٠﴾ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ
بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً ۚ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ
﴿١٧١﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا رَزَقْنَـٰكُمْ
وَٱشْكُرُوا۟ لِلَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿١٧٢﴾ إِنَّمَا حَرَّمَ
عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ
لِغَيْرِ ٱللَّهِ ۖ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ
غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٧٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ
ٱلْكِتَـٰبِ وَيَشْتَرُونَ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۙ أُو۟لَـٰٓئِكَ مَا يَأْكُلُونَ
فِى بُطُونِهِمْ إِلَّا ٱلنَّارَ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ
وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٧٤﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
ٱشْتَرَوُا۟ ٱلضَّلَـٰلَةَ بِٱلْهُدَىٰ وَٱلْعَذَابَ بِٱلْمَغْفِرَةِ ۚ فَمَآ
أَصْبَرَهُمْ عَلَى ٱلنَّارِ ﴿١٧٥﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ نَزَّلَ ٱلْكِتَـٰبَ
بِٱلْحَقِّ ۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِى ٱلْكِتَـٰبِ لَفِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿١٧٦﴾

لێشێوانێكی ئاشكرا دا بوین ئەوكاتەی كە ئێوەمان كرد بە هاوتای پەروەردگاری عالەم﴾ شوعەرا/٩٦ و ٩٧.

چوارەم- بەڵگەی ڕاستی قسەی ئەو كەسانەی كە دەڵێن: خوامان خۆش دەوێت پەیڕەوی كردنی پێغەمبەرە ﷺ وەك دەفەرموێ: ﴿ئەی محمد بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت‌و ڕاست دەكەن لەو قسانەتاندا دەی پەیڕەوی من بكەن خواش ئێوەی خۆش دەوێت﴾ ئالی عیمران/٣١ واتە ئەگەر پەیڕەوی پێغەمبەر ﷺ نەكرا ئەو ئیدیعایە ئیدیعایەكی پووچەو خواش ئەوانی خۆش ناوێت.

پێنجەم- لە بارەی شەریك دانانەوە ئایەت‌و فەرمودەی زۆرمان هەیەو بە پشتیوانی ﷲ هەر ئایەتێك لە جێگەی خۆیدا باس دەكەین‌و لە هەر جێگایەكدا بە گوێرەی پێویست فەرمودەی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ باس دەكەین‌و لێرەشدا تەنها ئەم فەرمودەیە باس دەكەین كە دەفەرموێ: {مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ وَقُلْتُ أَنَا مَنْ مَاتَ وَهُوَ لَا يَدْعُو لِلَّهِ نِدًّا دَخَلَ الْجَنَّةَ /البخاري/ هەر كەسێ بمرێ‌و هاوتای دانابێت بۆخوادەچێتە ئاگرەوە، جامنیش وتم: خۆهەر كەسێكیش بمرێ‌و هاوتای دا نەنابێت بۆخوا دەچێتە بەهەشتەوە }

ئیتر ئەم هاوتا دانانە چ لەپەرستن دابێت چ لەخۆشەویستی دابێت چ لەرێز لێ ناندا بێت تاوانێكی زۆر گەورەیەو مرۆڤ دەچێتە ریزی كافرانەوەو پێویستە خاوەن باوەڕان خۆیانی لێ بپارێزن.

﴿١٦٨﴾ ئەی خەڵكینە بخۆن ئەوەی كە لە ناو زەویدایە، ئەوەی كە حەڵاڵ‌و پاكە واتە خواردەمەنی پێویستە هەم حەڵاڵ بێت‌و هەم پاك بێت، ئینجا ڕەوایە خواردنی، سا دوای هەنگاوەكانی شەیتان نەكەون‌و ڕێبازەكانی پەسند نەكەن بە ڕاستی شەیتان بۆ ئێوە دوژمنێكی ئاشكرایە.

لێرەوە دەردەكەوێت كە ئەگەر كابرا حەرام بخوات با خاوەن باوەڕیش نەبێت لەسەر ئەو حەرامەو تۆڵەی لێ دەسەندرێت هەر چۆن لەسەر نەكردنی بەندایەتی تۆڵەی لێ دەسەندرێت بە گوێرەی ئایەتی (٤٢-٤٨) سورەتی (المدثر) كە دەفەرموێ: ﴿چ شتێك ئێوەی بەرەو سەقەرەوە پەلكێشكردوە؟لەوەڵامدا وتیان: ئێمە نوێژمان نەكردووەو خواردنمان بە فەقیر نەداوەو لەگەڵ هەوچی گەران دا هەر خەریكی هەوچی گەری بووین‌و باوەڕمان بە ڕۆژی قیامەت نەبو هەتا ئەو كاتەی كە مردین ئیتر شەفاعەتی شەفاعەت كەران سوودی نەبوو بۆیان﴾

بەڵێ لەسەر خواردنیش حسابیان هەیە، واتە: ئەگەر موسڵمانیش نەبو دەبێ لە شتی قەدەغەو پیس بەرگری بكرێت مادام لە وڵاتی ئیسلامی دا بێت چونكە خواردنی شتی حەرام‌و پیس دەبێتە هۆی نەخۆشی‌و پێویستی بە داو دەرمان‌و دكتۆرو نەخۆشخانە هەیە. كە ئەمانە هەموی زیانێكە بۆ ماڵی گشتی (بيت المال) موسڵمانان. كەلەئەمەو وینەی ئەو ئەم قاعیدە فیقهیە وەگیراوە كە دەڵێت: "الضَّرَرُ يُزَالُ/ زیان لا دەبرێت".

﴿١٦٩﴾ شەیتان ئەم سێ شتەتان پێ دەڵێت: یەكەم: دەڵێ خراپە بكەن: دووەم: داوێن پیس بن سێهەم: شتانێك بڵێن كە خوا نەیووتوە واتە: درۆ بە دەم خواوە بكەن دەی ئیتر تاكەی ژیر نابیت؟ بۆ دەبێ دوژمنی ئەوەندەخراپ بكەیت بە دۆستی خۆت؟!

(١٧٠) هەر كاتێك پێیان بوترێت: پەیڕەوی ئەوەبكەن كە ﷲ ناردویەتی كە قورئانە دەڵێن: ئێمە پەیڕەوی ئەوەدەكەین كە باب‌و باپیرانمان پەیڕەوی بوون. باب‌و باپیرانمان چیان كردوە ئێمەش ئاوا دەكەین، ﷲدەفەرموێ: دەی ئایا شێنكەوتوی باب‌و باپیریان دەبن لەكاتێكدا باب‌و باپیریان ژیرییان لە دەست دابێ‌و هیچ فامیان نەبووبێت‌و هیدایەت نەدرابن؟

واتە بۆ پەیڕەویان دەكەن كابرا كە هیچی نەزانی بێت‌و عەقڵی بە هیچ كردارێكی باش نەشكابێت‌و لەسەر رێگای راست نەبوبێت؟ ئینجا ﷲوێنەیەكمان بۆ دێنێتەوە بۆ ناسینی ئەو كەسانەی كە بێ باوەڕن‌و دەعوەت دەكرێن بۆ رێبازی خوادەفەرموێ:

(١٧١) وێنەی ئەو كەسانەی كە كافرن وەك ئەو ئاژەڵەیە كە دەنگ دەدرێت كە هیچ شتێك نافامێ لەو بانگەوازە تەنها هات‌وهاوارو دەنگێك نەبێت.

مەبەست لە بیستن لێرەدا بیستنێكە كە فام كردن‌و تێگەیشتنی لەگەڵدابێت، بۆ نمونە شوان لە ئاژەڵ دەخورێت بەوشەی(ها،حا) ئاژەڵەكە تەنها دەنگێك دەبیستێت‌و شتێكی تر فام ناكات كەوابوو پێتان عەجائیب نەبێت كابرایەكی بێ دین ئەو هەمو ئایەتانەی بۆ دەخوێندرێتەوەو ئەو هەمو فەرمودانەی بۆ باس دەكرێت‌و ئەو هەمو شوێنەوارە گەورەیە دەبینێت‌و لە هەمان كاتدا باوەڕیش ناهێنێت چونكە حەقیقەت دەرك ناكات‌و هەروەك ئەو ئاژەڵە وایە بۆیە ﷲدەفەرموێ: ئەوانە كەڕن، لاڵن، كوێرن واتە نە گوێیان هەیەبۆ بیستنی حەق‌و نە زمانیان هەیە كە قسەی حەقی لێ بێتە دەرەوەو نە چاویان هەیە ئەو هەمو شوێنەوارە گرنگانەی پێ ببینن جا ئەوان فامی هیچ ناكەن. كەواتە چاوەڕێی چییان لێ دەكەیت؟ ئەمەت بەلاوە سەیر نەبێت وەك لە سورەتی حەج دا دەفەرموێ:﴿چاوی سەریان كوێر نەبووە، بەڵام ئەوچاوەی كە لە ناو دڵیان دایە كوێرەوراستی نابینێ﴾. جا لە ئایەتی پێشوو بە گشتی داوای لە خەڵك كرد لە شتی پاك‌و حەڵاڵ بخۆن‌و لەم ئایەتەدا بە خاوەن باوەڕان دەفەرموێ:

(١٧٢) ئەی خاوەن باوەڕان لەو پاكانەی كە ئێمە پێمان داون بخۆن وشوكری خوا بكەن ئەگەر ئێوە بە راستی تەنها ئەو دەپەرستن.

پێغەمبەرمان ﷺ لەم بارەوە دەفەرموێ: {أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لَا يَقْبَلُ إِلَّا طَيِّبًا وَإِنَّ اللَّهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ فَقَالَ يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنْ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُواصَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ وَقَالَ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ يَا رَبِّ يَا رَبِّ وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ وَغُذِيَ بِالْحَرَامِ فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ/مسلم وغيره/ ئەی خەڵكینە بێگومان كە خوا پاكەو هەر پاكیش وەردەگرێت‌و خوا فەرمان دەدات بەسەر باوەڕدارانیدا هەر بەو فەرمانەی كەداوێتی بەسەر پێغەمبەراندا علیهم السلام كە دەفەرموێ: ئەی پێغەمبەران لەشتەپاكەكان بخۆن‌و كرداری چاك بكەن، بێشك كە من زانیاری زۆرم هەیە بەسەر ئەوەی كەئێوە دەیكەن‌و دەفەرموێ: ئەی باوەڕداران لەو پاكانەی كەپێمان داون بخۆن، لە پاشان باسی ئەو پیاوەی كرد كەسەفەری درێژ دەكات‌و موەكانی پەرتو بڵاوەو تۆزاوییەو دەستی بەرەو ئاسمان درێژ دەكاتەوەو. دەڵێ - ئەی پەروەردگارم، ئەی پەروەردگارم لەحاڵێكدا كەخواردنەكەی حەرامەو خواردنەوەكەی حەرامەو پۆشاكەكەی حەرامەو بەحەرامی گۆشبوە سا ئیتر چۆن وەڵامی ئەوپاڕانەوەی دەدرێتەوە؟}كەواتە ئەو كەسەی كەخۆی خۆش دەوێت و حەزدەكات نزاكانی وەربگیرێت باخۆی لە حەرام بپارێزێت.

(١٧٣) هەر ئەم چەند شتە حەرام كراوە: مردار بوو، ئەو خوێنەی كە جاری دەبێت‌و نە ئەو خوێنەی كە بە گۆشتەوە دەمێنێتەوە كە ئەمەیان حەڵاڵە و پیس نیە،وە گۆشتی بەرازو ئەوەی كە كاتی سەر بڕین ناوی جگە لەﷲی لەسەر ببرێت كە ئەمانە حەرامن‌و نابێ بخورێن، ئاشكرایە كە خوای گەورە ئاگای لە وەزعی مرۆڤ هەیەو دەزانێت كە مرۆڤ لە هەمو حاڵەتێكدا وەكو یەك نیە هەندێك جار دەكەوێتە فەرەحیەوەو هەندێك جاریش دەكەوێتە تەنگانەوە ﷲلە هەمو قۆناغێكی ژیاندا بەرنامەیەكی

تایبەتی هەیە ئەگەر لە حاڵەتی فەرەحیا بێت ئەبێ خواردنی پاكو خاوێن بخواتو نابێت هیچ كام لەوانەی كە باس كران بخورێن، بەڵام ئەگەر كەوتنە كاتی تەنگانەو برسێتیەوە ئەو كاتە دەفەرموێ: ئەو كەسەی ناچار كرا بە هۆی سەفەر یان برسی بوو شتی دەست نەكەوت مادام خۆی قەسدی حەرام نەكاتو مەبەستی حەرامخواردن نەبێتو لە سنوری پێویست تێنەپەڕێ ئەو سا هیچ گوناهی ناگات هەر كام لەوانەی دەست كەوت بخوات، مانایەكی تری ئەمەیە مادام لەو كاتەی كە ئەوەندە ناچارە ستەم كارو دەست درێژكەر نەبێت بەڵام ئەگەر كابرا بۆ سەفەری حەرام یان ئیشی حەرام بڕوات ئەگەر برسیشی بێت نابێ بیخوات یان دەست درێژی كەربو لەو حاڵەتەدا برسێتی زۆری بۆ هێنا، نابێ بیخوات. بۆیە بە ناچاران ماوە دراوە چونكە بە راستی خوای گەورە خوایەكی لێبوردەو میهرەبانە بەرامبەر بە مرۆڤەكان. ئەوەتا كاتێ كە مرۆڤ كەوتە نارەحەتیەوە خوا ئەو شتانەی كە لێی حەرام كردووە بۆی حەڵاڵ دەكات.

ئەگەر وترا دیارە ئەوەی كە خوای گەورە لێی قەدەغە كردوین زیانی هەیە بۆمان دەی لەم حاڵەتەدا زیانەكە چی لێ دێت؟

دەڵێین: زیانو قازانج بە دەست خوا خۆیەتیو نایەڵێ ئەو شتە لەو حاڵەتەدا زیان بگەیەنێت چونكە تەنها خوایە زیانو قازانج دەگەیەنێ(والله اعلم)، یان ئەو زیانە لەریزی ئەگەرو لەوانەیە بەڵام زیانی برسێتی ئەم كاتە بێگومانە لەبەر ئەوە ئەم لایەنە پێش دەخرێت لەم كاتەداو لەكاتی فەرەحیشدا ئەولایەنەكەی تریش دەخرێت لەسەر ئەمەش ئەم بناغە فیقهیە دروسبوە كەدەڵێ: (الْضرُورَاتُ تُبِيحُ المَحْظُورَات/ ناچارییەكان قەدەغە كراوەكان حەڵاڵ دەكەن) وە هەر لە رۆشنایی ئەم ئایەتەو وێنەكانی ئەم بناغە فیقهیەی تر دانراوە (الضَّرُورَاتُ تُقَدَّرُ بِقَدَرِهَا/ ناچارییەكان بەئەندازەی خۆیانی بۆ دادەنرێت).

(١٧٤) بێگومانەی ئەوكەسانەی كە ئەوەی خوا رەوانەی كردوە لە تەوراتو ئینجیل دا، هەروەها ئەوانەی كە راستیەكانی ئەم قورئانە دەشارنەوە لە بەر بەرژەوەندیو شتی ترو بە خەڵكی ناڵێن كەبەو شاردنەوەیە دەیانەوێت بەرهەمێكی كەمی دنیایان دەست كەوێت ئەوانە لەسەر ئەو راستی شاردنەوە هەر ئاگردەخۆن، وەلە رۆژی قیامەتیشدا خوای گەورە قسەیان لەگەڵدا ناكاتو پاكیان ناكاتەوە لە گوناهەكانیانو عەفویان ناكاتو بۆ ئەوان هەیە سزایەكی پڕ ئێشو ژان.

جا ئەو پارەو مەقامەی كەبەو راستی شاردنەوە دەستیان كەوتوە هەر ئاگرێكەو دەیخەنە ناو سكی خۆیانەوە وەك لەپێشدا وتمان ئەگەر هەمو بەرهەمی دنیاش بە یەك مرۆڤ بدەن لەسەر ئەوەی تاكە حوكمێكی ﷲ بشارێتەوە زیانی كردوە چونكە لە حەقیقەت دا بەهرەیەكی بێ نرخو كەمە لە چاو سەختی رۆژی قیامەتداو ئاشكرایشە ئەوەندەشی هەرگیز پێ نادە، لە فەرمودەی پێغەمبەرماندا ﷺ هاتوە كە دەفەرموێ: {لَوْ كَانَتْ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ / الترمذي صححه الالباني / ئەگەر هەمو دنیا بەئەندازەی پەڕی مێشوولەیەك لای خوا قیمەتی هەبوایە خوا قومە ئاوێكی لێ نەدەدا بە كافر).

كەواتە ئەگەر هەمو دنیای پێ بدەن تا یەك حوكمی ئیسلام بشارێتەوە زیانی بە خۆی گەیاندوە.

(١٧٥) ئەوانە كەسانێكن كە گومراهیان كڕیوە بە هیدایەت، هیدایەتی خۆیان ناوێت. وە سزایان كڕیوە لە جیاتی لێ خۆش بوون. ئەمانە چی عەجائیب سەبرێكیان هەیە لەسەر ئاگر! بە راستی ئەمە گاڵتە پێ كردنیانە،

فیترەتی مرۆڤ پێشەكی پاكەو لەسەر ئایینی خوایە، بەڵام ئەوان بە مەیلی خۆیان لە ئایین لادەدەن یان حەقیقەتیان زانیوەو لە پاشان پاشگەز دەبنەوە لە باتی عەفوو بەخشیشی خوا سزایان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە، جا ئەی موسڵمان ئاگات لەخۆت بێو نەكەی نیشانەكانی خوا بشاریتەوە لە بەر خاتری دەستكەوتێكی دنیایی، ئەگەر بیشاریتەوە بێ شك زیانێكی گەورەت بە خۆت گەیاندوەو رۆژێكی پڕ مەترسی چاوەڕێت دەكات بۆچی دەبێ خوای گەورە وا تۆڵەی لێ بستێنێتەوە؟

(١٧٦) ئەم سزا سەختە لە بەر ئەوەیە چونكە ﷲ ئەم كتێبەی بە راستی ناردوە، جا چۆن دەبێت ئەو راستیانە

۞ لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ
ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ
وَٱلنَّبِيِّۦنَ وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ
وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَأَقَامَ
ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَٰهَدُوا۟ۖ
وَٱلصَّٰبِرِينَ فِى ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِۗ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
صَدَقُوا۟ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ (١٧٧) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ
عَلَيْكُمُ ٱلْقِصَاصُ فِى ٱلْقَتْلَىۖ ٱلْحُرُّ بِٱلْحُرِّ وَٱلْعَبْدُ بِٱلْعَبْدِ وَٱلْأُنثَىٰ
بِٱلْأُنثَىٰۚ فَمَنْ عُفِىَ لَهُۥ مِنْ أَخِيهِ شَىْءٌ فَٱتِّبَاعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ وَأَدَآءٌ
إِلَيْهِ بِإِحْسَٰنٍۗ ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌۗ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ
بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ (١٧٨) وَلَكُمْ فِى ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ
يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (١٧٩) كُتِبَ عَلَيْكُمْ
إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا ٱلْوَصِيَّةُ لِلْوَٰلِدَيْنِ
وَٱلْأَقْرَبِينَ بِٱلْمَعْرُوفِۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ (١٨٠) فَمَنۢ بَدَّلَهُۥ
بَعْدَمَا سَمِعَهُۥ فَإِنَّمَآ إِثْمُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (١٨١)

بشارنەوە؟ خۆ ئەمە شتێکی گاڵتەو گەمە نیە تا تۆ بە کەیفی خۆت لەگەڵیدا بجووڵێیتەوە. جا بە راستی ئەو کەسانەی کە لەبارەی ئەم کتێبەوە ناڕێکنو دژایەتی دەکەن وان لە ناو بەدبەختیەکی دوور لە راستیدا.

ئینجا دوا بە دوای باسی ئەوانەی کە خراپنو کەتمی حەق دەکەن. پاشان باسی پیاو چاکەکانمان بۆ دەکاتو دەفەرموێ:

(١٧٧) چاکە ئەوە نیە کە ئێوە روو لە رۆژهەڵاتو رۆژ ئاوا بکەن بە دەعیەو فیسەنو پەیڕەوی جولەکەو گاور بکەن و هەرکامیان بە هێز بوون ئێوە بەرەو ئەوان برۆنو هەردەم سەربەلایەكو روو بە لایەك دابکەن بەڵام چاکەو چاکەکار ئەو کەسەیە کە باوەڕی بە خوا هێنا بێتو بە رۆژی دواییو بە فریشتەکان کە زۆرترینن لەناو عالەمداو دروستکراون لەروناکی هەرگیز نا فرمانی خوا ناکەن، وە باوەڕی بە پەڕاوی خوا هەبێت کە دواترینیان قورئانەو دان بە راستی هەمو کتێبەکانی تر دا دەنێت لە کاتی خۆیاندا، وە باوەڕی بە تەواوی پێغەمبەران هێنا بێ، تا ئێرە بیرو باوەڕە دەروونیەکان بوو، بەڵام هەربەوانەکار

تەواوتەواو نابێ بۆیە دەفەرموێ:وە ماڵ دەبەخشێت لەگەڵ ئەوەشدا کە ماڵەکەیشی خۆش دەوێت. واتە: کاتێك ئەو ماڵ بەخشینە ئەو سودە گەورەیەی هەیە کە ماڵێکی چاكو خۆشەویست بێت لە لای، ئینجا لە بەر رەزاو خۆشەویستی خوا ئەو ماڵەی بدات بە خزمەکانی نزیکی خۆیو بە هەتیوانو بە نەدارانو بە رێبوارانو بە ئەو کەسانەی کە داوا دەکەنو بۆ ئازاد کردنی گەردنەکان. ئەگەر بە چاکی تەماشا بکەین دەبینین کە هیچی نەهێڵاوەتەوە. یەکەم، خزمان دووەم، هەتیوان. هەتیو ئەو کەسەیە کە باوکی نیەو تەمەنی نەگەیشتبێتە پانزە ساڵ یان باڵغ نەبوبێت، بەڵام ئەگەر دایکی نەمابێت ئەوە هەتیو نیە. سێهەم، بێنەوایان. چوارەم، رێبواران هەرچەندە کابرا لە شوێنی خۆی دا دەوڵەمەندیش بێت مادام لە سەفەردا پارەی پێ نەما دەبێ پارەی پێ بدرێت. پێنجەم، ئەو کەسانەی کە داوات لێ دەکەن.

شەشەم، ئەو کەسەی کە گیرۆدە بووەو کراوە بە بەندە، یان ئەسیری دەستی بێ باوەڕانە بە پارە پێویستە ئازاد بکرێت یان قەرزی خەڵکی بە لاوەیە ناتوانێ بیداتەوە وەك بەندەی لێ هاتوە دەبێ ئەوانە یارمەتی بدرێن. ئا ئەمەیە بە خێو کردنی راستەقینەی کۆمەلایەتی (التکافل الاجتماعی)و خەم خۆریو بەدەمۆهاتنی چەوساوەو بێ کەسو بێ دەستانەوە. ئا ئەمەیە بەرنامە راستەقینەکەی خوای عالەم لەو خوایە دەپاڕێمەوە کە جارێکی تر ئەم بەرنامەیە بخاتەوە کارەوە و چاوی ئێمەیشی پێ رۆشن بکاتەوە" انه سمیع مجیب.

جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر ئایەتە پیرۆزەکەو پاشماوەی سیفەتی پیاو چاکان کە دەفەرموێ: جا نوێژ بە چاکی ئەنجام دەدات کە دەبێت بە هۆی توند کردنی پەیوەندی نێوان خۆیو خواو زەکات دەدات کە گرنگترین هۆی بە تیین کردنی پەیوەندی نێوان خۆیو خەڵکە، لە پێشدا باسی ماڵ بەخشینی کرد بە گشتیو لێرەدا زەکاتی دووبارە کردەوە کە بەڵگەیەکی گرنگە لەسەر ئەوەی کە بێجگە لە زەکات مافی تر هەیە لەسەر ماڵ، دیسان درێژە بە سیفەتی پیاو چاکان دەداتو دەفەرموێ: جا ئەو عەهدو پەیمانەی کە دەیدەن جێ بە جێی دەکەن. بەوشێوە خۆیان لە

ڕەوشتی موونافقان دەپارێزن، چونکە نیشانەی مونافق ئەوەیە کە هەر عەهدو پەیمانێکی دا نایباتە سەر. وە سیفەتێکی تریشیان ئەمەیە کە خۆگرن لە کاتی دەستکورتیو زیان لێکەوتنو شەڕدا جا ئەو کەسانەی کە ڕەوشتیان ئاوا بێتو ئەو سیفەتانەیان تێدا بێ خوا بەوانە دەفەرموێ: ئەوانە ئەو کەسانەن کە بە دڵو بە وتارو بە کرداریان ڕاستیو دروستی باوەڕەکەی خۆیان سەلماندوەو ئەوانە پارێزکارن چونکە خۆیان لە شتە قەدەغە کراوەکان پاراستووەو ئیشە چاکەکانیان ئەنجام داوەو بەو شێوەیەش خۆیان لە سزای پاشە ڕۆژ پاراستووە.

تێبینی:الف ـ لەم ئایەتەوە دەرکەوت کە ئیسلام بە کۆی بیرو باوەڕو وتارو کردارو ڕەوشت دەوترێتو نابێ لێك جیا بکرێنەوە، واتە: ئەوانەی کە تەنها گۆشەیەکی ئیسلام جێ بەجێ دەکەنو خۆیان بەلاوە ڕاستە بە هەڵە داچوون با سرنجێك لەم ئایەتە پیرۆزە بدەنو تەماشای خۆیان بکەنو بزانن کام لەم وەسفانەیان تێدایە.

ب ـ پێشەکی سیفەتەکانی بۆ تاك باس کردوەو لە (الْمُوفُونَ)ەوە بووە بە کۆ چونکە بۆ سەرەتاکان لەفزی (مَنْ) لە بەر چاو گیراوەو لە پاشدا مانای (مَنْ) واتە: لەفزەکەی تاکەو ماناکەی کۆیە. ئەمە لە قورئاندا بە زۆری هاتووەو چاکی بزانە.

سێهەم ـ لە زۆربەی سیفەتەکان دا ڕەوشت وە بەر چاو دەکەوێت بە تایبەت لە بەخشینیماڵو وەفا بە عەهدو خۆگری دا، بۆیە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {إِنَّمَا بُعِثْتُ لأُتَمِّمَ مَكَارِمَ الْأَخْلَاقِ/ احمد، المستدرك، صححه الالباني/من ڕەوانە نەکراوم مەگەر بۆ ئەوەی ڕەوشتە بەرزو بە نرخەکان تەواو بکەم. وە دەفەرموێ: {الْحَيَاءُ مِنَ الإِيمَانِ/متفق عليه/ شەرم بەشێکە لە باوەڕ}وە لەم بارەوە دەیان فەرمودەی تر هەیە.

ئینجا خوا حوکمێکی ترمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(١٧٨) ئەی باوەڕداران فەرز کراوە لەسەر ئێوە تۆڵە سەندنەوە لە کوشتندا ئازاد بە ئازادو بەندە بە بەندەو ئافرەت بە ئافرەت، جا کەسێك هەر چەندی چاو پۆشی لێکرا لە لایەنی براکەیەوە، واتە: خاوەن کوژراو لە کوشتنی کابرا دەستی هەڵگرت ئەوە بە ڕاستی ئیشێکی باشی کردوەو ئەوەیش کە تۆڵەی خوێنەکەی لە سەرە دەبێ بە جوانی ئەو حەقە بداتەوە، ئەوە سووك کردنێکە لە لایەن خوای خۆتانەوەو سۆزێکی گرنگە سەبارەت بە ئێوە، جا ئەگەر خوێن دراو پاشان کابرا بۆی هەڵکەوتو کوشتیەوە ئەمە تاوانێکی زۆر گەورەیە بۆیە دەفەرموێ:جا کەسێك دەست درێژی بکات پاش ئەوەی کە ئاشتەوایی کرا سزایەکی دەردناکی بۆ هەیەو دووبارە ئەویش قاتیلەو دەکوژرێتەوە بە ڕاستی ئەم تۆڵە سەندنەوە بەرگریەکی زۆر گرنگە بۆ ئارام گرتنو بۆ ژیان. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ:

(١٧٩) لە تۆڵە سەندنەوە دا ژیان هەیە ئەی خاوەن عەقڵان چونکە هەر کەس زانی ئەگەر کەسێ بکوژێت دەکوژرێتەوە، ئیتر جورئەتی پیاو کوشتن ناکات خۆیو خەڵکیش بە سەلامەتی دەژین بۆیە دەفەرموێ: تا ئیتر خۆتان بپارێزن لە کوشتارو تاوانی کوشتنو سزای سەختی دنیاو دوا ڕۆژ.

تێبینی:

یەکەم- ئەم بڕیارەی لە بارەی ئازاد بە ئازادو بەندە بە بەندەو ئافرەت بە ئافرەت بە لای گەلێك لە زانایانەوە هەڵوەشاوەتەوە بە ئایەتی ﴿أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ / المائدة: ٤٥/ گیان بە گیان﴾.

دوهەم- موسڵمان بە کافر ناکوژرێتەوە لە بەر ئەم فەرمودەی کە بوخاری بۆمان دەگێڕێتەوە لە عەلی یەوە کە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرمویەتی: {وَلَا يُقْتَلُ مُسْلِمٌ بِكَافِرٍ/البخاري/ موسڵمان بە کافر ناکوژرێتەوە} سێهەم- سەبارەت بە بەندە ئەبوو حەنیفەو گەلێك لە زانایانی تر دەڵێن: ئازاد بە بەندە دەکوژرێتەوە بەڵام جمهور مخالیفیانە،

چوارەم- چەند کەس بە یەك کەس دەکوژرێت، واتە: ئەگەر چەند کەس بە یەکەوە زەلامێکیان کوشت هەمویان دەکوژرێنەوە.

پێنجەم-باوك بە کوشتنی منداڵی خۆی ناکوژرێتەوە لە بەر ئەم فەرمودەیە کە عمر ئەڵێ بیستم لە پێغەمبەرەوەﷺ

فَمَنْ خَافَ مِن مُّوصٍ جَنَفًا أَوْ إِثْمًا فَأَصْلَحَ بَيْنَهُمْ فَلَآ إِثْمَ
عَلَيْهِ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٨٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ
عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ
لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾ أَيَّامًا مَّعْدُودَٰتٍ فَمَن كَانَ مِنكُم
مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ وَعَلَى ٱلَّذِينَ
يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ
لَّهُۥ وَأَن تَصُومُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٤﴾ شَهْرُ
رَمَضَانَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ هُدًى لِّلنَّاسِ
وَبَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْهُدَىٰ وَٱلْفُرْقَانِ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهْرَ
فَلْيَصُمْهُ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ
أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ
ٱلْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا۟ ٱلْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا۟ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا
هَدَىٰكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٨٥﴾ وَإِذَا سَأَلَكَ
عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ
فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لِى وَلْيُؤْمِنُوا۟ بِى لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾

كە فەرمویی: {لَا يُقْتَلُ وَالِدٌ بِوَلَدِهِ/ احمد وغيره. صححه الالباني /باوك بە كوڕی ناكوژرێت} شەشەم- زۆربەی هەرە زۆری ئەحكام لە سورەتەكانی مەدینەدا هاتون، بەڵام حوكمەكانی بیرو باوەڕو ڕەوشتو باسی نوێژو زەكاتو جیهاد ئەم سێیانەی دوایی بە كورتی لە سورەتە مەكەییەكان دا بە زۆری هاتوون، بە داخەوە زۆربەی زانایان كە سەبارەت بە ئەحكام قسەیان كردوە یان نوسیویانە لە بارەی بیرو باوەڕو ڕەوشتەوە شتێكی زۆر گرنگیان باس نەكردوە خوا لێیان خۆش بێتو لە تاوانی ئێمەو ئەوانیش چاو پۆشی بكات ئەمە بوە بە هۆی ئەوە كە ئەمڕۆ نەوەی تازەمان ڕوو بكەن بەم لاو لاداو شتێك بۆ خۆیان بە دەست بهێنن لە نێو پەرتووكە پەرتو بڵاوەكانی زانایان داو ئەمەش تا ڕۆشن بوونەی چاكو پاكی نەوەكانمان گێچەڵو دەردە سەری زۆرمان بۆ دروست دەكات هیوادارم كە برا زاناو لە خوا ترسەكانی ئەم سەردەمەمان وەك پێشەوایەكی لە خوا ترسو باوكێكی دڵسۆز لەگەڵیان دا بجولێنەوەو مافیان پێ بدەن لە گورج وگۆڵیان داو یەكیان بخەنو لێكیان مەدەن، پێغەمبەر ﷺدەفەرموێ: {يَدُ اللهِ مَعَ الْجَمَاعَةِ/الترمذي، صححه الالباني/ دەستی خوا لەگەڵ ئەو كۆمەڵە دایە كە لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر ﷺو یارانی بێت}لەخوابترسن ئەوانە نەوەی ئایندەی ئەم گەلەن. حەوتەم ـ بكوژ ئیرس لەكوژراو نابات ئەگەر ئیرس بەربێ، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:{لَا يَرِثُ الْقَاتِلُ/ ابوداود، صححه الالباني/ قاتل میرات نابات}.

﴿١٨٠﴾ هەر كام لە ئێوە كاتی سەرە مەرگ ئەگەر سەروەتوماڵتان بوو واجبە لە سەرتان كە وەسیەت بكەن بۆ دایكو باوكانو بۆ خزمەكانتان بە شێوەیەكی چاك نەك ئەو ماڵە بە هەندێكیان بدات و هەندێكی تریان بێ بەش بكات ئەمە شتێكی پێویستە لەسەر ئەو كەسەی كە خاوەنی تەقوایە، ئەم ئایەتە زۆربەی زانایان پێیان وایە مەنسوخە بە ئایەتی ئیرس چونكە ماف دەدات بە خاوەن مافەكان، وە پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: {لَاَ وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ/ البخاري/وەسیەت بۆ كەلەپور بەر نیە} بەلای هەندێكی ترەوە مەنسوخ نیەو دروستە وەسیەت بكرێت بۆ باوكو دایكو خزمانێ كە ئیرس نابن بە هۆیەك لە هۆیەكانی بەرگری لە ئیرس وەك جیاوازی دین، واتە: ماناكەی لە گشتیەوە تایبەت كراوە.

﴿١٨١﴾ ئینجا ئەگەر كەسێك وەسیەتی كردو كەسێكی تر ئەو وەسیەتەی گۆڕی پاش ئەوەی كە بیستی تاوانبارەو كابرای وەسیەت كەر هیچ گوناهی پێ ناگات، بێگومان خوا بیسەرە بۆ هەمو قسەكانتانو زۆر زانەرە بە هەڵسوكەوتتان.

﴿١٨٢﴾ ئینجا ئەگەر كابرای وەسیەت كەر لە وەسیەتەكەی دا دادپەروەر نەبو وەسیەت لا كراو دەتوانێت دەستكاری وەسیەتەكە بكات وەك دەفەرموێ ئەگەر كەسێك ترسا لە وەسیەت كەر كە لادات لە حەقو زوڵم بكات یان وەسیەت بۆ شتێكی گوناح بكات. بۆ نمونە بڵێت: بە ماڵی من ئارەق خانەیەك دروست بكە، نابێ ئەو وەسیەتەی جێ بەجێ بكرێتو لەم گۆڕانكاریەدا هیچ تاوانێكی لەسەر نیە وەك دەفەرموێ:جا ئەو كابرایە ویستی بەم ئیشەی ئاشتەوایی بكات لە بەینیاندا، ئەوسا ئەو كەسە هیچ گوناهێكی لەسەر نیە، بە ڕاستی خوای گەورە لە تاوان خۆش دەبێتو زۆر بە

سۆزە بۆ بەندەکانی. ئینجا خوای گەورە حوکمێکی ترمان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

١٨٣ ئەی خاوەن باوەڕان فەرز کراوە لەسەر ئێوە ڕۆژو بەڵام ئەوە نەبێت کە ئەو ڕۆژووە تایبەت بێت لەسەر ئێوە بەڵکو فەرزمان کردوە لەسەر ئێوە هەروەك چۆن فەرز کراوە لەسەر ئوممەتانی پێش ئێوە، واتە: ئەمە شتێکی پێویستە بۆتەواوی مرۆڤ هەروەکو چۆن مرۆڤ بە بێ ئاو ناژی هەر ئاوەها مرۆڤ بە بێ ڕۆژوو تەندروستی تێك دەچێت‌و دوچاری دەیان نەخۆشی دەبێت. لە بەر ئەوە هەر کە مرۆڤ دروستبوە هەر لە سەرەتایەوە ڕۆژیشی لەگەڵ هاتوە ئیتر کەم‌و زۆری ڕۆژەکان بە گوێرەی سەردەم‌و وەقت جیاوازی هەبوە بۆ نمونە: داود لەساڵێکدا شەش مانگ ڕۆژووی گرتوە واتە ڕۆژێ نا ڕۆژێ بە ڕۆژوو بووە بە کورتی ڕۆژوو دکتۆرێکی پسپۆڕو دڵسۆزە بۆ مرۆڤ، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: ئومێدە بۆ ئەوەی کە ئێوە خۆتان بپارێزن لە توشبونی نەخۆشی چ نەخۆشی ئاشکرا چ نەخۆشی دەرونی، وە بۆ ئەوەی کە خۆتان بپارێزن لە ئاگری جەهەننەم چونکە ئەو کەسەی کە ڕۆژوو دەگرێت خوای گەورە لە تاوانەکانی پاکی دەکاتەوەو خۆی بە لوتف‌و کەرەمی پاداشتی دەداتەوەولەئاگری دۆزەخ دووری دەخاتەوە. ئەم ڕۆژووە چەند ڕۆژێکی ژمێرراون. دیارە ئێمە هەندێك جار لە سەفەرداین‌و دوچاری ئەزییەت‌و موشەقەت دەبین و هەندێك جاریش نەخۆش دەکەوین لەو حاڵەتانەدا خوای گەورە ئێمەی لە بیر خۆی نەبردوەتەوەو دەفەرموێ:

١٨٤ جا هەر کەسێك لە ئێوە نەخۆش کەوت یان لە سەفەرا بوو با ڕۆژووەکە بشکێنێ‌و لە پاشان بەو ئەندازەیەی کە شکاندویەتی لە دواییدا ڕۆژوو بگرێتەوەو لەسەر ئەو کەسانەی کە توانایان هەیە کە ڕۆژوو بگرن با فیدیە بدەن کە ژەمەخواردنی فەقیرێکە، ئەوسا هەر کەسێك لەوەش زیاتر بدات ئەوە چاکترە بۆی‌و ئەگەر ڕۆژوو بگرن ئەوە چاکترە بۆتان ئەگەر بزانن.

سەلەمەی کوڕێ ئەکوەع دەڵێت: {لَمَّا نَزَلَتْ ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ﴾ كَانَ مَنْ أَرَادَ أَنْ يُفْطِرَ وَيَفْتَدِيَ حَتَّى نَزَلَتْ الْآيَةُ الَّتِي بَعْدَهَا فَنَسَخَتْهَا /البخاري/ لەسەلەمەوە هاتوە کەوتویەتی: لەکاتێکدا کەئەم ئایەتە دابەزی (لەسەر ئەو کەسانەی کە توانایان هەیە کە ڕۆژوو بگرن با فیدیە بدەن) هەر کەس مەیلی بوایە ڕۆژوی نەگرتایە نەیدەگرت‌و فیدیەی دەدا تائەم ئایەتەی پاشی دابەزی‌وئەم حوکمەی هەڵوەشاندەوە}

واتە: خاوەن باوەڕ خۆی سەرپشکە لە ڕۆژوو گرتن یان ڕۆژوو نەگرتن‌و فیدیە داندا جا بەم مانایە حوکمەکەی هەڵوەشاوەتەوە بە ئایەتی پاش خۆی، هەندێك دەڵێن هەڵنەوەشاوەتەوە ئەوانیش بە چەند شێوەیەك مانایان کردوە کە گرنگەکانیان ئەمانەن.

یەکەم ـ ئەوانەی کە توانای ڕۆژوو گرتنیان هەیە بەڵام لە بەر پیری یان شیردان یان بارداری سەختە بۆیان دەتوانن ڕۆژوو نەگرن و فیدیە بدەن. {عن ابْنَ عَبَّاسٍ يَقْرَأُ وَعَلَى الَّذِينَ يُطَوَّقُونَهُ فَلَا يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ لَيْسَتْ بِمَنْسُوخَةٍ هُوَ الشَّيْخُ الْكَبِيرُ وَالْمَرْأَةُ الْكَبِيرَةُ لَا يَسْتَطِيعَانِ أَنْ يَصُومَا فَيُطْعِمَانِ مَكَانَ كُلِّ يَوْمٍ مِسْكِينًا/البخاري/ لەئیبنو عەباسەوە هاتوە کە دەیخوێندەوە ﴿لەسەر ئەو کەسانەی کە ڕۆژگرتن بارێکی قورسە لەسەریان‌و ناتوانن بیگرن ئەوسا لەسەر ئەوانە بۆ هەر ڕۆژێك خواردنی ژەمێکی فەقیربدەن﴾ جا وتی: کە هەڵنەوەشاوەتەوە بەڵکو بریتیە لەوپیاوو ژنە پیرانەی کە ناتوانن ڕۆژو بگرن ئەمانە ڕۆژو ناگرن‌و بۆ هەر ڕۆژێك خواردنی ژەمێکی فەقیربدات .

دووەم: دەڵێن لە وشەی ﴿ يُطِيقُونَهُۥ ﴾ (لا) تەرکە واتە ﴿ لا يُطِيقُونَهُۥ ﴾ جا مانای ئایەتەکە ئاوای لێدێت: ئەوانەی کە توانای ڕۆژوو گرتنیان نیە با ڕۆژوو نەگرن تەنها فیدیە بدەن کە خواردنی فەقیرێکە.

سێهەم ـ دەگونجێت ئەمە ئیشارەتێك بێت بۆ زەکاتی فیتر واتە ئەوانەی کە توانای ڕۆژوو گرتنیان هەیە و دەیگرن با خواردنی فەقیرێکیش بدەن کە فەرمودەی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ ئەم زەکاتەو چەنیەتی‌و چۆنیەتی باس کردوە بۆمان وەك لەم فەرمودەیەدا بوخاری بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: {فَرَضَ زَكَاةَ الْفِطْرِ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ عَلَى كُلِّ حُرٍّ أَوْ عَبْدٍ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى مِنْ

الْمُسْلِمِينَ/ بە راستی پێغەمبەری خوا ﷺ زەکاتی سەر چاك کردنەوەی داناوە بە ساعێك واتە چوار مشتی مام ناوەندی لە خورما یان جۆ لەسەر هەمو ئازادو بەندەو نێروو مێیەك لەموسڵمانان}. جا کاتی ڕۆژووەکەمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێ:

١٨٥ ڕۆژوەکە لە مانگی ڕەمەزان دایە ئەو مانگەی کە قورئانی تێدا دابەزێنراوە، دەبێ بزانین کە قورئان لە مانگی ڕەمەزان دا ڕەوانە کراوە بۆ پێغەمبەرﷺ بەڵام لەو کاتەدا ڕۆژوو فەرز نەکراوە بەڵکو پاش کۆچی پێغەمبەرﷺ واجب بووە لەم مانگەی کە کاتی خۆی قورئانی تێدا هاتوەتە خوارەوە. یەکسەر بۆ (بيت العزة) کە ئەو کاتە شەو بوە قورئان بە شەوی بەفەڕی ناو ئەبات ﴿لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ﴾ واتە قورئان تا گەیشتوەتە ئێمە بە سێ قۆناغی لە یەك جیادا هاتوە:

یەکەم ـ لە اللهوە بۆ (لوح المحفوظ) کە ئێمە لە بارەی کاتی و چۆنیەتی بۆ ئەو لەوحە هیچ نازانین.

دووەم ـ لەو لەوحە بۆ ئاسمانی یەکەم بۆ (بيت العزە) ئەوە لە شەوی قەدردا بوەو یەکسەر هەموی هاتوە مەبەستی ئێرە ئەوەیە کە ئەو شەوەیش لە مانگی ڕەمەزان دا بوە.

سێهەم ـ لە (بيت العزە)ـەوە بۆ پێغەمبەرمانﷺ کە ماوەی بیست و سێ ساڵ درێژەی هەبوە کە لە سووڕەتی عەلەقەوە دەستی پێکردووە بە ئایەتی دوسەدو هەشتاویەکی ئەم سورەتە واتە ﴿وَٱتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِ ...﴾ دوای هاتوە هەرچەندە کەمێ مشتوو مڕ هەیە لەسەر ئایەتی کۆتایی.

بەراستی ئەم قورئانە مایەی خۆشبەختی هەمو مرۆڤە بۆیە دەفەرموێ: ڕێ پیشاندەری هەمو خەڵکەو چەندین بەڵگەی ئاشکرای هەیە هەم بۆ ڕێنمایی و هەم بۆ جیا کردنەوەی ڕاست و ناڕاست.

بەڵێ ئەم پەیامە بەرێزە لەم مانگەدا هاتوە، جا بۆ شوکرانەی ئەم نیعمەتە گەورەیەی هەر کەسێ لە ئێوە گەیشتە ئەو مانگە با ڕۆژو بگرێت، ئەمە ئەمرەو ئەمریش بۆ واجب بوونە کەواتە ئەم ئایەتە ئایەتی﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ نەسخ دەکاتەوە ئەگەر بە

مانای یەکەم لێکی بدەینەوە، جا لە بەر ئەوەی کە باسی واجب بونی ڕۆژوی ڕەمەزانی کردو فەرموی: بیگرن جانەك گومان بکرێت کە نەخۆش و سەفەریش بەر ئەم حوکمە دەکەوێت دووبارە دەفەرموێ: جانەوکەسەی کەنەخۆش بو لەئێوە یان لە سەفەردا بێت ڕۆژووەکەی بشکێنێت و لە دواییدا چەند ڕۆژوی شکاندوە ئەوەندە ڕۆژو بگرێتەوە،

بە ڕاستی ئەمە بار سووك کردنێکە بۆیە دەفەرموێ: خوای گەورە هەمیشە ئاسانی بۆ ئێوە دەوێت و نارەحەتی بۆ ئێوە ناوێت، واتە: ئەم ئاینە ئاینێکی ئاسانە، پێغەمبەری خواﷺ کاتێ کە (ئەبو موساو مەعاز) ی نارد بۆ یەمەن پێی فەرمون: {يَسِّرَا وَلاَ تُعَسِّرَا وَبَشِّرَا وَلاَ تُنَفِّرَا/البخاري/ ئاسان بکەن و نارەحەتی نەکەن، جا موژدە بدەن و خەڵك مەترسێنن} تا ئەو حەدەی کە ئیمکان بێت. بۆ نموونە ئێمە لە بەینی فتوای دوو زانا یەکێکیان نارەحەت بێت و ئەوتریان ئاسان بێت مادام هەردوو بەڵگەیان ببێت پێویستە ئاسانەکەیان هەڵبژێرین.

تێبینی: تەقلید بۆ کەسێك کە خۆی نەزان بێت دروستە بەڵام دەبێت لە زانا تەقلید بکات، بەڵام بۆ کەسێك کە زانایی هەبێت دروست نیەو نابێ بە قسەی هیچ کەسێك بکات مادام لە ئایەتی قورئان یان فەرمودەی ڕاستی پێغەمبەر ﷺ یان ئیجماعی موسڵمانانەوە وەرنەگیرا بێت، وە نابێ بۆ ئاسانکاری بەم مەزهەب و بەو مەزهەبە دا بگەڕێت بۆ شتە ئاسانەکان چونکە پەیڕەوی مەزهەب بۆ زانا نە فەرزەو نە سونەتە بەڵکو حەرامە. ئیتر کەی ڕەوایە بۆ ئاسانکاری ئەم مەزهەب و ئەو مەزهەب بگەڕێت؟ بەڵکو پێویستە لە سەری لە کتێب و سونەت دا بەڵگە بۆ ئەرکەکانی خۆی و موسڵمانان بدۆزێتەوە. جا ئەگەر ئیشێك بە دوو شێوەی جیا لە یەك لەوانەوە وەردەگیرا کامیان ئاسانە ئەوە هەڵبژێرێت، مادام بەڵگەکانیان وەکو یەك وابن لە لاوازی و لە هێز دا ئەوەیە حەقیقەتی ئایین و خوای میهرەبان ئەوەی لە ئێمە دەوێت، ئەوەبو پێغەمبەرمان ﷺ فەرموی: {ئاسان بکەن و نارەحەتی نەکەن...} یان کاتێ کە باسی دەست و نوێژ دەکات خوادەفەرموێ: ئەگەر ئاو نەبوو تەیەموم بکەن خوای گەورە نایەوێت ئێوە نارەحەت بکات و

دەفەرموێ: لە دینا تەنگی نیەو دیسان پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ هَذَا الدِّينَ مَتِينٌ فَأَوْغِلُوا فِيهِ بِرِفْقٍ/ احمد. حسنه الالباني / بە راستی ئەم ئایینە بتەوو بەهێزە دەی بە هێواشی بچنە خوارەوە تێیدا}

دەیان فەرمودەو چەندین ئایەتی تر لەم بارەوە هاتوەو لەسەر رۆشنایی ئەم ئایەتو فەرمودانە چەندین بناغەی فیقهی دانراوە یەکێکیان ئەوەیە کە دەفەرموێ: (المُشَقَّةُ تَجْلِبُ التَّيْسِيرَ/ نارەحەتی ئاسانی دێنێت) ئەوەتا لێرەشدا خوای گەورە ئاماژەی بۆ ئەم مەبەستە کردوەو دەفەرموێ: خوا هەمیشە ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت نایەوێ نارەحەتیو گرفتاریو تەنگی بۆ ئێوە دروست بکات، وە ئەو ماوەیە تەواو بکەن کە مانگی رەمەزانە، جا جاری وا هەیە بیستونۆ رۆژە جاری واش هەیە سی رۆژە جا بۆ گرتنی رۆژوی رەمەزان پێویستە لە پێشەوە مانگ ببینین یا وەکو شەعبان سی رۆژ تەواو بکەین دوایش کە رەمەزانمان دەست پێ کرد پێویستە یان سی رۆژ تەواو بکەین یان مانگ لە شەوی سی دا ببینین چونکە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {لَا تَقَدَّمُوا الشَّهْرَ بِيَوْمٍ وَلَا بِيَوْمَيْنِ إِلَّا أَنْ يُوَافِقَ ذَلِكَ صَوْمًا كَانَ يَصُومُهُ أَحَدُكُمْ صُومُوا لِرُؤْيَتِهِ وَأَفْطِرُوا لِرُؤْيَتِهِ فَإِنْ غُمَّ عَلَيْكُمْ فَعُدُّوا ثَلَاثِينَ ثُمَّ أَفْطِرُوا / الترمذي وغيره. الالباني: صححه / نە بە رۆژێك و نە بە دوو رۆژ پێش مەکەون بۆگرتنی رۆژوی مانگی رەمەزان مەگەر رێك بکەوێت لەگەل رۆژویەکدا کەبەباوی خۆی ئەو رۆژەی دەگرت، رۆژوو بگرن بە بینینی مانگو بیشکێنن بە بینینی مانگ، جا ئەگەر هاتو بە بۆنەی هەور یان بە بۆنەی تۆزو غوبارەوە نەتان دیت دەفەرموێ: سی رۆژ تەواو بکەن لەپاشان جەژن بکەن}

لەریوایەتی تردا دەفەرموێ: {لَا تَقَدَّمُوا الشَّهْرَ حَتَّى تُكْمِلُوا الْعِدَّةَ أَوْ تَرَوْا الْهِلَالَ ثُمَّ صُومُوا وَلَا تُفْطِرُوا حَتَّى تَرَوْا الْهِلَالَ أَوْ تُكْمِلُوا الْعِدَّةَ ثَلَاثِينَ / النسائي.صححه الالباني / پێش مەکەون بۆگرتنی رۆژوی مانگی رەمەزان هەتا سی رۆژی مانگی شەعبان تەواو نەکەن یان مانگ ببینن پاشان رۆژو بگرن وجەژن نەکەن هەتا مانگ نەبینن یان سی رۆژ تەواو دەکەن}

لێرەدا دەفەرموێ: ﴿لِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ﴾: وە با رێزی بێ پایان بۆ خودا دابنێنو یادی خوا بکەن لەسەر ئەو نیعمەتە گەورەیەی کە رێنمایی کردون﴾

گەلێك لە زانایان ئەمە دەکەن بە بەلگە لەسەر (الله اکبر) وتن لە جەژنی رەمەزاندا جا ئەگەر ئاوا رۆژووی رەمەزانمان گرتو لە پاشدا سوپاسی خوای خۆمانمان کرد ئەوە راست مەبەستی ئەم ئایەتەمان پێکاوە کە دەفەرموێ: بەلکو ئێوەش سوپاسی خوای خۆتان بکەن لەسەر ئەم رێنماییە بە نرخە چونکە ئەو ئێمەی دروستکردوەو هەر ئەو دەزانێت چی باشە بۆ ئێمە. وە ئەگەر بە گوێی رێنماییەکانی خوای خۆمان نەکەین بە راستی زیانێکی گەورەمان لە خۆمان داوە، هەر لەسەر ئەو بناغەیە کەپێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ / البخاري/ئەی گەنجەکان ئەو کەسەی کە دەسلاتی هەیە با ژن بێنێتو هەر کەسێکیش دەسلاتی ژن هێنانی نیە با رۆژوو بگرێت چونکە ئەو رۆژووە مرۆڤ لاواز دەکاتو هێزی ئارەزۆاتی کەم دەکاتەوە}

بۆ ئارامی گیانو تەندروستیشی زۆر بە کەلکە بەم شێوەیە مرۆڤ بە سەر نەفسی خۆیدا زاڵ دەبێتو نایبات بەرەو فەسادو داوێن پیسی کەواتە رۆژوو ئەو دەرمانە بە نرخەیە کە مرۆڤ بە سەدان تاقیکاری بۆی نەئەدۆزرایەوە، هەروەها یەکێکی تر لە بەرهەمە گرنگەکانی رۆژوو ئەوەیە کە دوعای رۆژووان کاتێ کە بەرۆژوەو کاتێ کەبەربانگیش دەکاتەوە قەبولە. (اليسر) واتە سەهەلی (العسر) نارەحەتی. جا لە پاش باسی رۆژوو باسی دوعاو پارانەوەمان بۆ دەکات وە دەفەرموێ:

١٨٦ ئەم ئایەتە لە وەلامی ئەو پرسیارەدا هاتە خوارەوە کە وتیان ئەی محمد خواکەمان دوورە تا بانگی بکەین یان نزیکە تا بە هێواشی قسەی لەگەلّ دا بکەین؟ ﷻفەرموی لەبارەی منەوە پرسیارت لێ دەکەن بەندەکانمو دەلێن: خواکەمان دوورە یان نزیکە بلێ: سا بەدلنیاییەوە من نزیکم لێیانەوەو دوور نیم کە من وەلامی بانگی بانگ کەر ئەدەمەوە هەر کاتێك بانگ کەن، واتە ئەو شتەی کە داوای

دەكات خوای گەورە بۆی دەكات یان بە ئەندازەی ئەو شتە بەڵاو موسیبەتی لەسەر لائەبات بەو مەرجەی نەڵێت دوعام كرد بەڵام خوا جوابی نەدامەوەو ئەو پاڕانەوەش تاوانو بڕینی سیلەی ڕەحم نەبێت. هەر وەكو لە فەرمودەی پێغەمبەرﷺ دا هاتوە، واتە: چەند مەرجێك هەیە بۆ وەرگرتنی پاڕانەوە كە لە خوارەوە باسیان دەكەین دەی ئەگەر وەڵامی نەدراوە تاوان لە خۆمانە بۆیە دەفەرموێ: دەی ئێوەش وەڵامی من بدەنەوەو باوەڕم پێ بێنن بەڵكو ئێوەش بگەن بە كەماڵو هەمو شتێكی چاك بزانن چونكە بەباوەڕ بوون ژیانی تێرو تەواو بۆ مرۆڤ دابین دەبێت وەك دەفەرموێ ﴿ئەی باوەڕدارینە وەڵامی خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ بدەنەوە هەر كاتێ كە بانگتان دەكات بۆ ئەوەی كە زیندوتان دەكاتەوە﴾ ئەنفال:٢٤. بە ڕاستی زیندوو بونەوەی مرۆڤ لە باوەڕ هێنانێكی پاكو خاوێن دایە بە خواو بە پێغەمبەرەكەی ﷺ،

بزانە پاڕانەوە (الدعاء) بەشێكی گرنگە لە بەندایەتی خوای تاكو تەنیاو كاكڵەی بەندایەتیەو بەڵگەی لاوازیو دەستە پاچەیی مرۆڤە سەبارەت بە زۆر شتی خۆیو نیشانەی هێزو دەسڵاتو زانایيو بەخشندەیو سۆزی خودایە سەبارەت بە بەندەكانی و بانگیان دەكات و دەفەرموێ: ﴿داوام لێ بكەن وەڵامتان دەدەمەوە﴾ وە لەم ئایەتەی كە مانامان كرد دەفەرموێ: ﴿من نزیكمو وەڵامی بانگ كەر ئەدەمەوە هەر كاتێ بانگم بكات﴾ تەنانەت ﷻ ڕقیەتی لەو كەسەی كە داوای شتی لێ ناكات كە ئەمە یەكێكە لەو سیفەتە گەورانەی خودا كە لە سیفەتی بەشەر ناچێت، چونكە بەشەر بە پێچەوانەوە هەرچەند سەخیش بێت هەر پێی خۆش نیە كە داوای لێ بكرێت. پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لەم بارەیەوە دەفەرموێ: {إِنَّهُ مَنْ لَمَ يَسْأَلِ اللهَ تَعَالَى يَغْضَبْ عَلَيْهِ/الترمذي، صححه الالباني/ بەبێگومان هەر كەسێك داوا لە خوای بەشكۆ نەكات خوا ڕقی لێی دەبێتەوە} پاڕانەوە دەبێ بە هۆی لابردنو پاڵ نانی بەڵاو ئارام بوونی دڵی مرۆڤ، جا بۆ ئەوەی سوودی باشتر لەو پاڕانەوە وەرگرین پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە بەر چاو بگرین.

١- هەوڵدەین كەخواردنو خواردنەوەو پۆشاكمان حەڵاڵ بێت.

٢- ئەگەر گونجا ڕوو بە قیبلە بین لە كاتی دوعا دا.

٣- هەوڵدەین كە پاڕانەوەكانمان لەو بارو دۆخو كاتانە دا بێت كە پاڕانەوەیان تێدا وەردەگیرێت وەك ڕۆژی جومعەو عەرەفەو ڕەمەزانو سێ بەشی ئاخیری شەوو بەر لە نوێژی بەیانیو كاتی سوجدەو كاتی باران بارینو بەینی بانگو قامەتو كاتی بانگی مەغریبو كاتی بە ڕۆژوو بونو كاتی بەر بانگ كردنەوەو ئامین كردن لە كاتی خوێندنی ئامینی ئیمام داو كاتی تێكەڵاو بوونی موسڵمانانو بێ باوەڕان لە كاتی جیهاد داو كاتی ترسو كاتی دڵ نەرم بوونو كاتی بینینی هەر ڕووداوێكی گرنگو لە كاتی سەفەردا.

٤- بەرز كردنەوەی ڕووی هەردوو دەست تا ڕاستی شان.

٥- سوپاسی خوداو ناردنی درود بۆ گیانی پێغەمبەری ئازیز ﷺ لە پێشو پاشی پاڕانەوەكەدا.

٦- دڵی ئاگا بێتو ڕواڵەتی خۆی زەبوون پیشان بدات لە كاتی پاڕانەوەدا.

٧- باوەڕی بە گیرا بونی دوعا هەبێتو پەلە نەكات بۆ هاتنە دی چونكە مەرج نیە دەقی داواكاریەكە بێتە دی بەڵكو یەكێكە لەم سێ شتانە.

ا لف - هاتنە دی دەقی داواكاریەكە.

ب - یان لابردنی بەڵایەكە بە ئەندازەی داواكاریەكەی.

ج - یان پاداشەكەی لە ڕۆژی دوای دا دەدرێتەوە، گرنگ ئەوەیە كە پاڕانەوە بێ سوود نیە.

٨- پاڕانەوەكە بۆ تاوانو بچڕانی خزمایەتی نەبێت.

٩- هەڵبژاردنی وشەی پڕ مانای وەك ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴾ [اللهم إنى اسئلك العفو والعافية فى الدنيا والآخرة]

١٠- پاڕانەوەكە دژی خۆتو ماڵو منداڵت نەبێت.

١١- سێ جار كردنەوەی پاڕانەوەكە.

١٢- دەست هێنان بە دەمو چاودا لە پاش پاڕانەوەكەدا. ئەمانەی كە باسمان كرد هەمویان لە فەرمودەی سەحیح

أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ ۚ هُنَّ لِبَاسٌ
لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ۗ عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ
أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ ۖ فَٱلْـَٔـٰنَ بَـٰشِرُوهُنَّ
وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۚ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ
ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ
إِلَى ٱلَّيْلِ ۚ وَلَا تُبَـٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَـٰكِفُونَ فِى ٱلْمَسَـٰجِدِ ۗ
تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَـٰتِهِۦ
لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ (١٨٧) وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم
بِٱلْبَـٰطِلِ وَتُدْلُوا۟ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا۟ فَرِيقًا مِّنْ
أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ (١٨٨) ۞ يَسْـَٔلُونَكَ
عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ ۖ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ ۗ وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ
بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَـٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ ۗ
وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ
تُفْلِحُونَ (١٨٩) وَقَـٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَـٰتِلُونَكُمْ
وَلَا تَعْتَدُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ (١٩٠)

یان حەسەنی پێغەمبەری ئازیزداﷺ هاتون راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ.

دووبارە ئەچینەوە سەر باسی رۆژوو، پێش هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەی کە بەرەو رووی دەچین رۆژووەوان دەبوایە بەر لە خەو نانی بخواردایەو بەر لە خەویش دەی توانی لەگەڵخێزانیدا جیماعی بکردایە جارێکیان یەکێك لە یارانی پێغەمبەر ﷺ کەناوی قەیسی کوڕی سورمەی یاریدەدەربو کە بەرۆژو بو کاتی ئێوارە کەلەئیش هاتەوە هیچیان ئامادە نەبو کەبیخوات جا تاخێزانەکەی گەڕاو شتێکی بۆ پەیدا کردو هاتەوە ئەو خەوی لێ کەوت‌و نیوەرۆی ئەو رۆژە لەبرسا بێ هۆش کەوت، ئینجا ئەم باسە کرا بۆ پێغەمبەر ﷺ جا خوای گەورەو خاوەن سۆز ئەم ئایەتەی رەوانە کردو موسڵمانانی لەو ناڕەحەتیە رزگار کردو فەرموی:

(١٨٧) حەڵاڵ کرا بۆ ئێوە لەو شەوانەی کەوا بە رۆژوون لەگەڵخێزانی خۆتاندا هاوجێگا ببن کەئەوان پۆشاکن بۆ ئێوەو ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان، واتە: چۆن هەمیشە مرۆڤ لیباسی خۆی لەگەڵدایەو ناتوانێت لە خۆی دوور بخاتەوە، هەروەها نەپیاوو نە ئافرەت توانای دوورە پەرێزیان نیە لە یەکتر بەڵکو داپۆشەرو چاودێرو گەرم کەرەوەو پارێزەری یەکترن وا ئەو بارە سەختەیان لەسەر لا دەبرێت چونکە ئەم دینە شتێکی پاك‌و خاوێن‌و ئاسانە خواش خوایەکی زاناو دانایەو ئاگاداری هەڵسوو کەوتی ئێوەیە وەك دەفەرموێ: ﷲ ئاگای لێیە کە هەندێك لە ئێوە نەفسی خۆی هەڵخەڵەتاندوەو خۆی پێ نەگیراوەو لەگەڵ خێزانیدا هاوجێگا بووە بەڵام سۆزی خوا گرتنیەوەوتەوبەی لێ وەرگرتن‌و چاوپۆشی لێ کردن ئەمەش بەڵگەی سۆزو لوتفی خوایە، تاوان کراوەو دەفەرموێ: من زانیم چیتان کردوە، بەڵام تەوبەتان لێ وەردەگرم‌و چاوپۆشیتان لێ دەکەم (فلِلَّهِ الحمدُ)

ئینجا دەفەرموێ: دەی ئێستا لەمرۆ بەدواوە شەوانی رەمەزان لەگەڵ ژنەکانتاندا هاوجێ ببن با مەبەستتان بەوچونە لایە ئەوەبێ کە خوا بۆی داناون، واتە: مەبەستتان زیاد کردنی ئوممەتی پێغەمبەرﷺو پاراستنی شەرەف‌و کەرامەتی خۆت‌و خێزانت بێت، جا ئەگەر مرۆڤ بەو بیرو رایە هاوجێگا بوو لەگەڵ خێزانیا کە حەڵاڵ‌و هاوسەریەتی‌و شکانی ئارەزۆی نەفسی هەردوولایە خوای گەورەو خاوەن بەرەکەت چاکەیشی بۆ دەنووسێت؟ عەرزی پێغەمبەری خوایان ﷺ کردو وتیان: قوربان کابرا ئارەزۆاتی خۆی تەواو دەکات بۆچی عیبادەتە؟ فەرموی: {ئەگەر ئەوەی لە حەرام دا سەرف بکردایە خوا تۆڵەی لێ نەدەسەند؟ وتیان: بەڵێ. فەرموی: مادام لە حەڵاڵ دا سەرفی دەکات پاداشتی دەدرێتەوە} جا ئەگەر نیەتی وا بێت کە خوا ئەولادێکی ساڵحی بداتێ خێرەکەی زیاترەو پاداشتەکەی گەورەتر دەبێت.

پاش ئەوەی کە باسی هاوسەری بۆ کردین لە شەوانی رەمەزان دا باسی خواردنیشمان بۆ دەکات‌و دەفەرموێ: بخۆن‌و بخۆنەوە هەتا ئەو کاتەی کە هێڵی سپی لە هێڵی رەشتان لەبەیانیدا بۆ جیا دەبێتەوە، واتە: تا ئەو کاتەی کە نوێژی بەیانی دەبێ بابای رۆژووەوان بۆی هەیە بخوات، لە پاشان رۆژووەکەتان تەواو بکەن تا دەگەن بەشەو، جا کە شەو هات ئیتر کاتی رۆژووەکە نامێنێت، لێرەدا حوکمێك وەردەگیرێت مادام مرۆڤ لە شەوا تاکو بەیانی بۆی هەیە

بچێته لای خێزانەکەی خۆی مانای وایە ئەگەر رۆژ بویەوەو لەشی پیس بێت رۆژووەکەی بەتاڵ نابێتەوە چونکە مادام کابرا بۆی هەیە تا ئاخری کات لەگەڵ خێزانەکەی دابێت ئیتر چۆن دەتوانێت فریا بکەوێتو خۆی بشوات؟

ئینجا پاش ئەوەی تێگەیشتین کە رۆژوو بە (جماع) لە شەودا بەتاڵ نابێتەوە، جا باسی بەندایەتیەکی ترمان بۆ دەکات کە بە (جماع) بەتاڵ دەبێتەوە کە بریتیە لە مانەوە لە مزگەوتدا بۆ بەندایەتی (الاعتکاف): واتە خۆ بەستنەوە لە شوێنی عیبادەتدا چ مزگەوتی گەورە بێت چ مزگەوتی بچوك بێت هەندێکیش دەڵێن: کابرا دەتوانێ لە ماڵی خۆی دا بێت بەڵام راست وایە کە لە مزگەوتا بێت وەك دەفەرموێ: لە کاتێکدا کە ئیعتکافتان کردوە نابێ ئێوە جیماع بکەن لەگەڵ خێزانەکانتاندا، ئەوەی کە باسکرا چەند سنورێکن خوا دایناون دەی نزیکی سنورەکان نەبنەوە هەر ئاوەها خوای گەورە نیشانەکانی خۆی باس دەکات بۆ خەڵك بەڵکو ئەوان خۆیان بپارێزن لە تاوانو لە سزای سەختی رۆژی دوایی. ئینجا خوای گەورە یاسایەکی تر لە یاساکانی ئیسلاممان بۆ باس دەکات وە دەفەرموێ:

(١٨٨) لە نێوانی خۆتان دا ماڵی یەکتر مەخۆن بە حەرامی، واتە: هەر چۆنێ خواردنو خواردنەوە لە رۆژانی رەمەزان دا بۆ کەسێك کە بەهانەی شەرعی نەبێت قەدەغەیەو حەرامە، هەروەها خواردنی ماڵی یەکتری بەناڕەوا قەدەغەیەو حەرامە ئیتر ئەو ماڵ خواردنە بە ستەمو دزیو خیانەتو تاڵان بێت یان لە رێگەی قومارو گۆرانیو پارەی ئارەقو جگەرەو بەرازو سینەماو شتی تر لەم بابەتانە بێت با خاوەن ماڵ بەوەش رازی بێت هەر حەرامە یان با حاکمیش بیداتێ هەر حەرامە وەکو دەفەرموێ: وە بەو ماڵە خۆتان مەگەیەننە فرمانڕەوایان تا هەندێ لە ماڵی خەڵك بخۆن، واتە: بەرتیل مەدەن بۆ بەدەست هێنانی ماڵی خەڵك لەرێگای فرمانڕەوایانەوە، حوکمی حاکم ماڵی کەس بۆ کەس حەڵاڵ ناکاتو کابرا کە زانی مافی خۆی نیە با وازی لێ بهێنێت، لە فەرمودەیەکدا پێغەمبەری خۆشەویستمانﷺ ئەم مانایەی رۆشن کردوەتەوە بۆمانو دەفەرموێ: {من بەشەرمو ئێوە لە بارەی ناکۆکیەکانتانەوە دێنە لامو مومکینە هەندێکتان قسە زانتر بن لە هەندێکی ترتانو من حەق بەو بدەم بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی کە من حەقەکەم پێ داوە خۆی دەزانێ مافی خۆی نیە با وەری نەگرێت من پارچەیەك ئاگرم بۆ بچڕیوە} واتە: حوکمی حاکم شت حەڵاڵ ناکاتو حاکم بۆی هەیە لە پاش ئیجتهاد کردن حەق بە کەسێك بدات با راستیشی نەپێکا بێت، جا کاتێك کە حوکمی پێغەمبەر ﷺ ماڵ حەڵاڵ نەکات بۆ غەیری خاوەن ماڵ ئەی حوکمی کام حاکمی تر دەتوانێت حەڵاڵی بکات؟ بۆیە فەرموی نەکەن ماڵی خۆتان لە نێوان خۆتان دا بە ناحەق بخۆنو بەرزی کەنەوە بۆ لای حاکمان تا بەو بۆنەیەوە هەندێ لە ماڵی خەڵك بخۆن بە گوناحو تاوان لەگەل ئەوەشدا خۆتان دەزانن کە مافی خۆتان نیەو بەو کارە تاوان بار دەبن. لەم ئایەتەدا بەرتیل دان بە حەرام دەزانرێت چونکە کابرا هەندێ بەرتیل بە حاکمو کار بە دەست دەدات تا مافی کەسێکی تری بۆ ببچڕێت. لەم بارەیەوە ئەبوهورەیرە لەپێغەمبەرمانەوەﷺ هێناویەتی کە: { لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺالرَّاشِيَ وَالْمُرْتَشِيَ فِي الْحُكْمِ/ پێغەمبەری خوا ﷺ لەعنەتی لەو کەسە کردوە کە بەرتیل دەداتو لەو کەسەی کە وەری دەگرێت لەبڕیارو حوکمداندا}. ئینجا ﷻ لەوەڵامی پرسیاری مانگدا دەفەرموێ:

(١٨٩) پرسیارت لێدەکرێت لە بارەی مانگەوە کەمانگ چیەو لەچی دروستکراوە؟ بڵێ: ئەوە بۆیە وای لێ دەکەین تاکو خەڵك کاتەکانو حەجی پێ بزانێتو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ژمارەی ساڵەکانو حسابی پێ بزانن﴾ یونس /٥ واتە: کاتژمێرێکی خواییە بۆ خەڵك چونکە ئەگەر هەر یەك جۆر بوایە خەڵك ژمارەی مانگی پێ نەدەزانیو نە حەجو نە رۆژوو بە رێكو پێکیو لە کاتی خۆیان دا ئەنجام نەدەدران، ئینجا ﷻ ئامۆژگاریمان دەکاتو دەفەرموێ: ئەمە چاکە نیە کە ئێوە لە پشتەوە بچنە ماڵەکانتانەوە بەڵکو چاك ئاوایە کە لە دەرگاکانیانەوە بچنە ژوورەوە ئەمە سەرەرای ئەوە کە ئامۆژگاریەکی گرنگی تێدایە کە بۆ هەر ئیشێك پێویستە مرۆڤ لە رێگای خۆیەوە بۆی بچێت،

وَٱقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ ۚ وَٱلْفِتْنَةُ
أَشَدُّ مِنَ ٱلْقَتْلِ ۚ وَلَا تُقَٰتِلُوهُمْ عِندَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمْ
فِيهِ ۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمْ فَٱقْتُلُوهُمْ ۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٩١﴾ فَإِنِ ٱنتَهَوْا۟
فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٩٢﴾ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ
ٱلدِّينُ لِلَّهِ ۖ فَإِنِ ٱنتَهَوْا۟ فَلَا عُدْوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩٣﴾ ٱلشَّهْرُ ٱلْحَرَامُ
بِٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ وَٱلْحُرُمَٰتُ قِصَاصٌ ۚ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُوا۟
عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ
ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٩٤﴾ وَأَنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ ۛ
وَأَحْسِنُوٓا۟ ۛ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٩٥﴾ وَأَتِمُّوا۟ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ ۚ
فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْىِ ۖ وَلَا تَحْلِقُوا۟ رُءُوسَكُمْ حَتَّىٰ يَبْلُغَ
ٱلْهَدْىُ مَحِلَّهُۥ ۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِۦٓ أَذًى مِّن رَّأْسِهِۦ فَفِدْيَةٌ
مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ ۚ فَإِذَآ أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلْعُمْرَةِ إِلَى ٱلْحَجِّ
فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْىِ ۚ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ فِى ٱلْحَجِّ وَسَبْعَةٍ
إِذَا رَجَعْتُمْ ۗ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ۗ ذَٰلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُۥ حَاضِرِى
ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١٩٦﴾

هەڵوەشێنەرەوەی بۆچونو رەوشتێکی سەردەمی نەفامیە.دەڵێن ئەگەر لە ماڵ دەرچوونایە بۆ سەفەر چ بۆ حەج یان سەفەری تر ئەگەر سەفەرەکەیان بۆ تەواونەکرایەو بهاتنایەوە بۆ ماڵ لە دەرگاوە نەدەچونە ماڵەوە بەڵکو پشتی خانوەکانیان کون دەکردو دەچونە ژوورەوە ئەمەیان کردبو بەدابونەریتێکی ئایینی خۆیان بەڵام ئیسلام هاتو ئەم جۆرە ئیشە منداڵانەیشی وەکو باقی نەریتو باوەکانی تری سەردەمی نەفامی هەڵوەشاندەوەو فەرموی: چاکە ئەوە نیە کە ئێوە لە پشتی ماڵەکانتانەوە بچنە ژوورەوە بەڵکو چاکەو چاکە کاری بریتیە لە رەوشتی ئەو کەسەی کە لە خوای خۆی بترسێت، جا بچنە ماڵەکانتانەوە لە دەرگاکانیانەوەلە ﷲ بترسن بەڵکو رزگار ببن. (ٱلْأَهِلَّةِ) کۆی (هلال)ـە واتە مانگی یەك شەوە،(قمر) مانگی چواردەیە لێرەشدا ئەوە وەر دەگرین کە نابێ لە غەیری دەرگاوە بچنە ماڵی کەسەوە. ئینجا ﷲ هەستی خاوەن باوەڕان دەبزوێنێتو دەستور دەدات بە موسڵمانان بۆ جیهادو دەفەرموێ:

(١٩٠) شەڕ بکەن لە رێگەی خوادا لە دژی ئەو کەسانەی کە شەڕتان لەگەڵدا دەکەنو لەسنوری ئایین دەرمەچنو دەست درێژ کەر مەبن بە راستی ﷲمرۆڤی دەست درێژی کەری خۆش ناوێت. یەکەم جار بڕیار درا کە شەڕ بکەن لەگەڵ ئەوانەی کە شەڕتان لەگەڵ دا دەکەن. لە ئایەتی سیو نۆی سورەتی (حج) دا دەفەرموێ: ﴿ئیزن درا بەو کەسانەی کە شەڕیان لەگەڵ دا کرا شەڕ بکەن چونکە ستەمیان لێ کراوە﴾ لێرەدا دەستور درا بە شەڕو واجب کرا شەڕ بکەن لەگەل ئەو کەسانەی کە شەڕتان لەگەڵدا دەکەنو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿شەڕ بکەن لەگەڵ موشریکاندا بەگشتی وەك ئەوان شەڕ لەگەڵ ئێوەدا دەکەن بەگشتی﴾تەوبە/٣٦ وە دەفەرموێ: ﴿وە جەنگیان لەگەڵدابکەن هەتا شیركو بەڵاو موسیبەت نامێنێت لە ناو موسڵمانان داو یەکسەر هەمو دێنە ناو ئایینی ئیسلامەوە کە رێبازی خوایە﴾ئەنفال/٣٩. بەڵێ ئەم ئایەتەی ئێرە یەکەم ئایەتە کە جیهادی فەرز کرد لەسەر موسڵمانان بەڵام ئایینی خوا دەست درێژی بە ناڕەوا دائەنێت لە

هەرلایەنێك بێت، برایانم ئەمەیە ئایینی داد پەروەرو مرۆڤدۆست تەنانەت ماوە بە موسڵمان نادات کە دەست درێژیو زیادە رەوی بکات دژی بێ باوەڕانو کوژراوەکانیان ناشیرین بکات تەنانەت ستەم لێ کراو ئەگەر زیاتر لە مافی خۆی هەنگاوی نا دژی ستەم کار ئەوە ئەبێتەوە بە ستەم کارو ستەم کار بە ستەم لێ کراوادەنرێت. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: تاقمێك ستەمیان لێ کرا لە پاش دا خودا زاڵی کردن بە سەر ستەم کاران دا بەڵام لە سنوور دەرپەرینو ئیشی ناڕەوایان دژی ستەم کاران ئەنجام دا لە بەر ئەوە خوا بارەکەی گۆڕیو تۆڵەی لێ سەندنەوە.زۆرجار پرسیار دەکرێت جا کاتێك کە ئێمە باوەڕدارینو دوژمنانمان بێباوەڕن دەی بۆ ئەوان زاڵ دەبن بەسەرماندا؟ ئیمامی عومەر ﷺ هەرکات سوپایەکی رەوانەدەکرد پێیانی دەوت: (وآمرك وَمَنْ مَعَكَ أَنْ تَكُونُوا أشد إحتِراساً مِنْ الْمَعَاصي منكم مِن عَدوِّكُم، فإنَّ ذُنوبَ الْجَيشِ أَخوَفُ عَلَيهِم مِن عَدوِّهِم، وَإنَّمَا يُنصَرُ الْمُسلِمونَ بِمَعصِيةِ عَدوِّهِم لِلَّهِ، وَلَولا ذَلِكَ لَم تَكُن لَنَا بِهِم قُوَّة، لأنَّ عَدَدَنَا لَيسَ كَعَدَدِهِم وَلاعُدَّتُنا كَعُدَّتِهِم، فَإنْ اسْتَوَيْنا فِي الْمَعْصِيَةِ كان لَهُمُ الْفَضْلُ عَلَينا فِي الْقُوَّةِ وَلاتَقُولُوا

إن عَدُوَّنا شَرٌّ مِنَّا فَلَنْ يُسَلَّط عَلينا، فَرُبَّ قَومٍ سُلِّطَ عَليهم شرٌّ مِنهُم، كما سَلَّطَ علَى بَني إسرَائيل لمَّا عملوا بِمَسَاخِط اللهِ كفارُ الْمَجوسِ فَجَاسُوا خِلالَ الدِّيارِ وَكان وَعْداً مَفعولاً/ فرمانده‌دەم بەسەر خۆت وئەوانەی کە لەگەڵ تۆدان کە خۆپارێزتر بن لە گوناح تا دوژمنەکانتان ئەوسا بەدڵنیاییەوە گوناحی سەربازەکان پڕ مەترسی ترە لەلای من تا دوژمنەکانیان، موسڵمانان هەر بە بۆنەی گوناحی دوژمنەوە یارمەتی دەدرێن‌و ئەگەر ئەوە نەبوایە ئێمە ئەو هێزەمان نەدەبو، چونکە نەژمارەمان بە ئەندازەی ژمارەی ئەوانەو نەسازو بەرگی جەنگیمان وەك ئەوانە، جا ئەگەر لەتاواندا هاوتا بوینەوە ئەوان لەهێزدا لەئێمە بەهێزترن ونەڵێن:دوژمن خراپ ترن لەئێمە بۆیە هەرگیز زاڵ نابن بەسەر ئێمەدا، ئەوسا زۆرگەل بوون خراپتر لەخۆیانیان بەسەردا زاڵ کراوە هەروەك زاڵبو بەسەر بەنی ئیسرائیلیدا کاتێ کە ئیشیان کرد بەو جۆرەی کە خوا پێی ناخۆش بو ئاگرپەرستانی فارس کە لە ناو ماڵەکانی خۆیاندا سووك‌و رسوایان کردن} بوخاریش لە ئەبودەرداوە ئەم قسەیەی هێناوەکە (أيها الناس عمل صالحٌ قَبل الغزوة، لاكِذْبَ وَلاَخِيانَةَ / ئەی خەڵکینە کرداری چاك پێش دەستکردن بە هەر غەزایەك، نە درۆ هەبێت، نەگزی).

(١٩١) لە هەر کوێیەکدا پێیان دەگەن لێیان بدەن‌و دەریان کەن لەو شوێنەی کە ئێوەیان دەرکردوەو هاوەڵ دانان بۆ خوا زۆر زۆر گەورەترە لە کوشتن، ئیسلام ئایینی ئاشتی‌و ئارامیە لە بەر ئەوە هەندێ کات‌و هەندێ جێگای داناوە کە شەڕیان تێدا نەکرێت، لەو جێگایانە شاری مەکەیە وەك دەفەرموێ: نابێ شەڕ بکەن لەگەڵ ئەو بێ باوەڕانە دا لەلای (مسجد الحرام) کەشارێکی ئەمنە چونکە ئیبراهیم وتی: خوایە ئەم شارە بکەی بە شارێکی ئەمن‌و ﷲ یش دوعاکەی لێ وەرگرت جا نابێت لەو جێگایەدا شەڕ بکرێت تا ئەو کاتەی کە ئەوان شەڕ دەکەن لەگەڵ ئێوەدا، جا ئەگەر ئەوان شەڕیان کرد لەو شوێنەدا ئێوەش شەڕیان لەگەڵدا بکەن هەر ئاوەهایە تۆڵەی کافران واتە مادام ئەوان رێزی ئەو جێگا پیرۆزەیان نەگرت ئێوەش تۆڵەیان لێ بکەنەوە بەلێدانیان با لەوێش دابن. فتنە بە مانای سزاو مەشغوڵ کردن‌و شیرك هاتوە لە قورئان دا، لێرەدا ئێمە بە شیرك مانامان کردوە هەرچەندە مەشغوڵ کەرو سزا دەری خاوەن باوەڕانیش بون.

(١٩٢) جا ئەگەر وازیان هێناو شەڕیان نەکرد ئیتر ئێوەش شەڕ نەکەن، ئەوسا بێگومان خوا خوایەکی لێ خۆش بوو میهرەبانە. میهرەبانی‌و سۆزی خوا ئەوەندە زۆرە تەنانەت کافرانیش دەگرێتەوە.

(١٩٣) جا ئەبێ ئەوەندە شەڕ بکەن لەگەڵ ئەواندا تا شەڕ کە شیرك بەشێکی هەرە گرنگی شەڕە نامێنێت جا ئەگەر وازیان هێناخۆ ئیتر دەست درێژی‌و شەڕ نیە مەگەر دژی ستەم کاران‌و موشریکان.

کەواتە ئەبێ شەڕ بکەن هەتا ئەوکاتەی کە هەر ئایینی ئیسلام بەرنامەی مرۆڤ دەبێت‌و هەمو جیهان دێتە ژێر سێبەری ئیسلامەوەو شەڕ کۆتایی پێدێت وەك وتراوە: "الْجِهَادُ مَاضٍ اِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ/ جیهاد هەتا رۆژی قیامەت بەردەوامە"فەرمودەی سەحیحیش پشتی ئەم مانایە دەگرێت، ئینجا دەفەرموێ: جا ئەگەر وازیان هێنا لە دەست درێژی‌و ئامادەی فرمانڕەوایی ئایینی ﷲ بوون با خۆیان بە کافری بمێننەوە ئێوە بۆتان نیە بڵێن: دەبێ موسڵمان ببن لەبەر ئایەتی: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ/البقرة: ٢٥٦ / زۆرنیە لەوەرگرتنی ئایین دا ﴾ (زاڵم) واتە موشریك. چونکە گەورەترین زوڵم بریتیە لە شیرك واتە تا موشریك هەبێت شەڕ هەیە. وە ئەمە سونەتی ﷲ یە کە حەق‌و ناحەق، ئیمان‌و کوفر لە دژایەتی یکتردابن. والله اعلم.

(١٩٤) مانگی حەرام بە مانگی حەرام‌و هەمو حورمەت شکاندنێك تۆڵەی هەیە، واتە: هەر تاوانێك ئەنجام بدرێت تۆڵەی هەیە بە تایبەتی ئەو تاوانانەی کە بە ئاشکرا دەکرێن دەبێ تۆڵەی بە ئاشکرا لێ وەرگیرێت تا خەڵکی لەوتاوانانە بسڵەوێتەوە.

بەڵێ ئایینی ئیسلام ئاینی برایەتی‌و ئاشتی یەو بۆ سەپاندنی ئاشتی ئاڵای جیهادی بەرز کردوەتەوەو نابێ لە بەرامبەر نەفس نزمان‌و دەست درێژی کەرانەوە دەستەوسان دانیشێ‌و تەماشاکەر بێت. بۆیە ﷲدەفەرموێ:

هەر کەسێ دەست درێژی کردە سەرتان ئێوەش دەست درێژی بکەنە سەری بە هەمان شێوە، ئاشکرایە بەر پەرچ دانەوەی بێ باوەڕان دەست درێژی نیە بەڵکو شتێکی جوان‌وپەسەندی لای هەموانە، جابە کار هێنانی وشەی (فَٱعۡتَدُواْ) بۆ هاوچەشنی(المشاكلة) وشەی پێش خۆیەتی کەلە ڕەوان بێژیدا شتێکی جوان‌و پەسەندە.

ئینجا دەفەرموێ: لە خوا بترسن، هێنانی وشەی تەقوا لێرەدا زۆر بە تامە چونکە مرۆڤی ستەم لێکراو ئەگەر دەستی پەیدا کرد زۆر جار لە سنوور تێدەپەڕێ‌و لە مافی خۆی زیاتر دەڕوات ﷲترس لە خۆی دەخاتە بیریەوە تا لە سنور تێنەپەڕێ‌و دوچاری سزای دوارۆژوو تانەو تەشەری دنیایش نەبێتەوە، واتە: ئاینی ئیسلام پەیڕەوانی خۆی فێری لەسەر خۆیی‌و لێ بوردن‌و حەوسەڵە دەکات هەر چۆنێ فێری ئازایی‌و نەترسی‌و گیان فیداییان دەکات بزانە کە زۆر ستەم لێ کراو هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا ستەم کارە چونکە بۆ نموونە ستەم لێ کراو بای دە دینار ستەمی لێ کراوە بەڵام ئەو بای سەد دینار جنێوو غەیبەت‌و باسی ستەم کارەکەی کردوە ئاشکرایە خوای داناو کاربەجێ دادگەرەو میزانەکەی لە زەرە کەمتریش دەخوێنێتەوە.

بەڵێ بەم تەمێ کردنە جوانە مرۆڤی خاوەن باوەڕ پلەی بەرز دەبێتەوەو ﷲ یش دەبێ بە یاریدەدەری‌و ڕێ پێشاندەری وەك دەفەرموێ: جا بزانن کە ﷲ لەگەڵ پارێزکاران دایە ئاشکرایە کە جیهادو خەبات لە پێناوی خوادا پێویستی بە چەك‌و چۆڵەو یارمەتی هەیە بۆیە دەفەرموێ:

(١٩٥) خەرجی بکەن لە ڕێگای خواداو بە دەستی خۆتان خۆتان نەفەوتێنن‌و چاکە بکەن بێگومان کە خوا چاکە کارانی خۆش دەوێت.واتە ئەگەر جیهادتان نەکردو ماڵتان نەدا لە ڕێگای خوادا بۆ بە هێز کردنی کارە جیهادییەکان ئەوە بە دەستی خۆتان خۆتانتان لە بەین بردوە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە گرنگی ماڵ سەرف کردنمان پیشان دەدات بۆ بە هێز کردنی ئایین‌و جیهاد لەپێناوی نەهێشتنی بت پەرستی‌و کوفرو ستەمدا بە داخەوە هەندێك بە هەڵە مانای ئەم ئایەتە دەکەن‌و کاتێك کە مەسەلەی ئایین‌و پارێزگاری لە ئایین دێتە پێشەوە دەڵێن: بە دەستی خۆتان خۆتان لە بەین نەبەن. بە ڕاستی ئەم ئایەتە بۆ ئەوە نەهاتوە وەك ریوایەتکراوە لە ئەبو ئەیوبی ئەنسارییەوە کە یەکەم کەس بوو لە مەدینە دا میوانداری پێغەمبەریﷺ کرد دەڵێت لە شەڕی ڕۆما بوین لە شاری قوستەنتەنیە لەو کاتەدا یەکێك لە یارەکانی پێغەمبەرﷺ خۆی کرد بە ناو ڕێزی کافران داو شەڕی کرد تا شەهید بو هەندێك لە یارەکان وتیان: ئەوە بەدەستی خۆی خۆی خستە هیلاکەتەوە، ئەبو ئەیوبی ئەنساری گوێی لێ بوو وتی: ئەم ئایەتە بە هەڵە مانا مەکەن ئەم ئایەتە بۆ ئێمە دابەزی کاتێ کە پێغەمبەرﷺ تەشریفی هێنا بۆ مەدینە ئێمە وازمان لە زەراعەت‌و شتی خۆمان هێنا هەر خەریکی جیهادو ئەنجام دانی کاری جیهاد بوین کاتێ کە پێغەمبەر ﷺ سەرکەوت‌و خەڵکێکی زۆر باوەڕی هێناو موسڵمان‌و موجاهید زۆر بوون ئێمەی خەڵکی مەدینە کۆبوینەوە لە بەینی خۆمان دا پرس‌و رامان بەیەکتر کرد کە با ئێمە ئیتر واز لە جیهاد بێنین‌و با خەریکی ماڵ‌و زەراعەتەکەی خۆمان بین چونکە ئێستا خەڵك زۆر بوەو پێویست بە ئێمە نیە، وتی: لەم کاتەدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو فەرموی: ﴿نەك خەریکی زەراعەت‌و شت ببن نەفەقە بکەن لە ڕێگەی خوادا ئەگەر هات‌و واتان نەکردو وازتان لە جیهاد هێنا ئەوە خۆتان خستۆتە هیلاکەتەوە﴾ ئا ئەوەیە مانای ئەم ئایەتە پیرۆزە، جا ئەبو ئەیوبی یارمەتی دەریش لەم شەڕەدا شەهید بوو ڕەحمەتی خوای لێ بێت بۆ خۆی‌و زانیاری‌و کردارە جوانەکانی.

بەڵێ ئەو کەڵە پیاوە موجاهیدە زۆر پیر ببوو بەڵام تەمەنی هەر لە جیهاد دا بردە سەرو دەی فەرمو ناتوانم دابنیشم خوا دەفەرموێ: ﴿دەرچن بۆ جیهاد سوکتان‌و قورستان﴾ تەوبە:٤١ پێیان دەوت ئاخر تۆ پیری ئەی فەرمو هیچ نەبێت ژمارەی موسڵمانان زیاد دەکەم‌و کافرێکیش بە خۆمەوە خەریك دەکەم لە باتی ئەوەی کە گەنجێك شەهید بکات با من بکوژێت.

جا با ئێمەی موسڵمان تەماشای بیرو ڕای ئەم موسڵمانە بکەین‌و بزانین ئێمە لەکوێین‌وئەوان لەکوێن بەڵێ ئا بەم شێوەیە ئەوان دینیان گەیاندوە بە ئێمە، بەڵام بە داخەوە

ٱلْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ ۚ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلْحَجَّ فَلَا رَفَثَ
وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِى ٱلْحَجِّ ۗ وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ
يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ ۗ وَتَزَوَّدُوا۟ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ ۚ وَٱتَّقُونِ
يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٧﴾ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن
تَبْتَغُوا۟ فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ ۚ فَإِذَآ أَفَضْتُم مِّنْ
عَرَفَٰتٍ فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ عِندَ ٱلْمَشْعَرِ ٱلْحَرَامِ ۖ
وَٱذْكُرُوهُ كَمَا هَدَىٰكُمْ وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِۦ
لَمِنَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿١٩٨﴾ ثُمَّ أَفِيضُوا۟ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ
ٱلنَّاسُ وَٱسْتَغْفِرُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٩٩﴾
فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَٰسِكَكُمْ فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ كَذِكْرِكُمْ
ءَابَآءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا ۗ فَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن
يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنْ
خَلَٰقٍ ﴿٢٠٠﴾ وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا
حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿٢٠١﴾
أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُوا۟ ۚ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٠٢﴾

ئێمە چیمان کرد بەو دینەو چۆن وا بەش بەش‌و بچڕ بچڕمان کرد هەر کەسێك بە گۆشەیەکیەوە مەشغوڵەو خۆیشی لە هەمو کەس پێ راستترە؟! ئینجا ﷲ باسی یەکێکی تر لە یاسا بەرزەکانی ئیسلاممان بۆ دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٩٦) حەج‌و عومرە تەواو بکەن بۆ ﷲ نەك بۆ رابواردن‌و کەیف‌و سەیران‌و خۆهەڵکێشاندن ئەگەر کاتێ بۆ حەج‌و عومرە کەوتنە رێ‌و مەنع کران ئەوە ئیتر بگەڕێنەوەو چیتان بۆ هەڵ سووڕا لە حەیوان سەری ببڕن‌و نابێ سەرتان بتراشن هەتا ئەو حەیوانەی کە پێی دەڵێن هەدی نەگاتە جێگای خۆی‌و سەر نەبڕێت واتە: ئەو کەسەی کە چووە حەج تا رەجمی شەیتان نەکات نابێ ئەو حەیوانە سەربڕێت بەڵام ئەگەر مەنعیش کرا لەو جێگایەدا سەری ببڕێت ئینجا سەری بتاشێت، خۆ ئەگەر کابرا دوچاری تەنگو چەڵەمە بوو خۆی‌و حەیوانەکەی بۆ نەگەیشتنە جێگاو کاتی دیاری خۆی یان سەری بە هۆی نەتاشینەوە ئەسپێ‌و ئازاری پەیدا کرد ﷲ بڕیارەکە سووك دەکاتەوەو دەفەرموێ: هەر کەسێ لە ئێوە نەخۆش کەوت یان سەری ئەسپێی پەیدا کرد ناچاربو کە سەری بتاشێت ئەوە تاوانبار نابێت‌و ئەوە دەبێ کەفارەت بدات لە رۆژو یان چاکە کردن یان حەیوان سەر بڕین، بزنێك یان مەڕێك جا ئەگەر هات‌و ترستان نەماو چوون بۆ حەج‌و حەجتان کرد کەحەجیش سێ جۆری هەیە واتە بە سێ شێوە ئەکرێت یەکێکیان پێی دەوترێت: تاك کردنەوەو (الافراد) ئەوەیە کە حەج بکات لە کاتی حەجداو لە دوای دا عومرە دەکات. جۆرێکی تری: بەیەکەوەلکان(القران)ـە کە بە یەك نیەت هەردووکیان ئەنجام دەدات.

جۆرێکی تری لەزەت وەرگرتنە (التمتع) ئەوەیە کەکابرا لە پێش حەجدا لەمانگی حەجدا عومرەیەك دەکات‌و ئیسراحەت دەکات‌و لیباسی عادی دەپۆشێت هەتا کاتی حەج ئینجا ئیحرام دەپۆشێ‌و حەجەکەیشی ئەنجام دەدات، جا ئەگەر بەم دووشێوەی ئاخرە رەفتاری کرد، واتە عومرەوحەج ی بەیەکەوە ئەنجام دا یان عومرەی بەر لە حەج ئەنجام دا ئەوە پێویستە لە سەری کە بە گوێرەی توانای خۆی حەیوانێك سەر ببڕێت وەك دەفەرموێ: ئەوەی کە لە دەستی دێت لە حەیوان بزنێك یان مەڕێك جا ئەگەر کەسێك دەسڵاتی حەیوا نی نەبو ئەوسابا سێ رۆژ رۆژوو بگرێت لە کاتێك کە لە حەج دایەو لە پاشان کە گەڕایەوە بۆ ناو ماڵ‌و خاوخێزانی خۆی دەبێ حەوت رۆژ رۆژوو بگرێت کە دە رۆژی تەواو دەکات. ئەمە بۆ کەسێکە کە خەڵکی مەکە نەبێت بەڵام ئەو کەسانەی کە خەڵکی مەکەو دەرووبەری بن هیچیان لەسەرنیە چونکە دەفەرموێ: ئەمە بۆ کەسێکە کەوا ئەهلەکەی لەوێ نەبێت و خەڵکی ئەوێ نەبێت،

ئینجا دەفەرموێ: لە خوا بترسن، واتە: ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێ حەج بکەن با حەجەکەیان تەواو بێت‌و ماڵەکەیان حەڵاڵ بێت بە پێی توانا زەحمەت بۆ خەڵك دروست نەکەن وپێویستە خەڵکی تریش لە خوا بترسێت وزەحمەت بۆ حاجیان دروست نەکات‌و نەبنە پەرج لەسەر رێگای حاجیان دا و بزانن بەبێشك کە ﷲ زۆر زۆر بە هێزە لە تۆڵە سەندنەوەدا، جا کەسانێك دەستدرێژی بکەن یان مافی حەج رعایەت نەکەن با بزانن کە بەر تۆڵەی خوا

دەکەون‌و تۆڵەی خواش سەخت‌و بەهێزە. ئینجا خوای گەورە کاتی حەجمان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٩٧) حەج لە چەند مانگێکی دیاری کراو دایە بریتیە لە شەوال‌و زیلقەعدەو دەرۆژی سەرەتای زیلحجەئەم دوو مانگ‌و دە رۆژە مانگی حەجن وە ئیحرامی حەجیان تێدا دەپۆشرێت‌و کاتی ئەنجام دانی حەج کێوی عەرەفات‌و رۆژی عەرەفەیە واتە رۆژی نۆی مانگی قوربان حاجی دەبێت لەکێوی عەرەفات بێت جا ئەوکەسەی کە ئیحرامی حەجی پۆشی‌و حەج پێویست بو لە سەری دەبێ خۆی لە تاوان بپارێزێ وەك دەفەرموێ: جیماع لەگەڵخێزانداکردن نیەو لە سنوری ئایین دەرچون نیە. وە بەم وشەیە هەمو تاوانێك دەگرێتەوە چونکە هەمو تاوانێك دەرچونە لە سنوری خوا، ئاشکرایە کە تاوان لە هیچ کاتێکدا بۆ مرۆڤ نیە، بەڵام لەو کاتەدا گوناهەکەی گەورەترەو سزاکەی سەخترەو دەفەرموێ: ناکۆکی‌و مشتومڕ نیە لە کاتی حەجدا بەڵکو پێویستە حاجیەکان بە چاکەو چاکە کاریەوە خەریك بن بۆیە دەفەرموێ: هەر ئیشێکی باش کە ئێوە ئەنجامی بدەن خوای گەورە پێی دەزانێ‌و پێزانینی خوایش پاداشت دانەوەیە، ئینجا دەفەرموێ: تێشو ببەن بۆ حەج‌و بزانن کە باشترین تێشو بریتیە لە تەقواو لە خوا ترسان‌و خۆ پاراستن لە گوناح، جا لە من بترسن ئەی خاوەن عەقڵان.

دەڵێن: لە پێشدا هەندێك دەچوون بۆ حەج‌و دەیان وت: ئێمە مێوانی خواین‌و خواردن‌و شتێکیان لەگەل خۆیاندا نەدەبردو دەیان وت: پێویستە ﷻ رزقمان بۆ بنێریت دیارە ئەوان بەم شێوەیە رەفتارەیان دەبوون بە بار بە سەر خەڵکەوە بۆیە ﷻ تەمێی کردن‌و فەرموی: ﴿وَتَزَوَّدُوا: تێشوو ببەن﴾ جا ئەگەر لە رێگادا کەم‌و کورییەکتان بۆ پەیدا بوو انشاالله خوا پەکتان ناخات، بەڵێ ئەگەر لە خوا ترسن با خۆتان نەکەن بە بار بەسەر موسڵمانانەوە. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {مَنْ حَجَّ هَذَا الْبَيْتَ فَلَمْ يَرْفُثْ وَلَمْ يَفْسُقْ رَجَعَ كَمَا وَلَدَتْهُ أُمُّهُ. /ابن ماجه، صححه الالباني/ هەر کەسێك حەجی ئەم ماڵە بکات، جاجیماع نەکات لەگەڵ خێزانیداو لە سنوری ئایین دەرنەچێت، ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵ وەك ئەو رۆژەی دایکی بویەتی} ئینجا ﷻ باسی کڕین‌و فرۆشتنمان بۆ دەکات لە کاتی حەجداو دەفەرموێ:

(١٩٨) گوناحتان ناگات ئەگەر بڕۆن لە فەزل‌و بەرەکەتی خوای خۆتان شتێك پەیدا بکەن، واتە کەسێك بچێت بۆ حەج‌و کەسابەت بکات گوناهی ناگات، مادام کەسابەتەکەی حەرام نەبێت، بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەندێك کەس دەڵێن: کابرا نەچووە بۆ حەج بەڵکو چووە بۆ بازرگانی ئەمە قسەیەکی هەڵەیە، بەڵام ئەگەر نیەتی تەنها کەسابەت بوو ئەوە پاداشتی حەجەکەی بۆ نابێت چونکە پێغەمبەرمانﷺدەفەرموێ: {إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَاتِ/متفق عليه/ پاداشتی کردارەچاکەکان بەستراوە بە نیەتەکەیانەوە}. جا ئەگەر بە نیەتی حەج چووەو وتی/ لەو سەرەوەش شتێك بۆ خۆم دێنم ئەوە تاوانبار نابێت، بەڵکو ئەو جۆرە کەسابەتە یەکێکە لە حیکمەتەکانی حەج‌و وەڵامدانەوەی بەشێکە لە نزاکانی ئیبراهیم عليه السلام واتە بردنی کەل‌و پەلی پێویستی ئەو جێگایەو کڕین‌و فرۆشتن، شتێکی رەواو چاکە لە کاتی حەجدا هەروەك چۆن لە کاتی غەیری حەج دا.

ئینجا دەفەرموێ: لە کاتێکا کە لە کێوی عەرەفات هاتنە خوارەوە، کێوەکە هەندێك لە ژوورووی مەکەوەیە کە ئەبێ رۆژی عەرەفە لەوێ بن تا رۆژ ئاوا دەبێت، وە هەر لە بەیانی رۆژی عەرەفەوە تا مەغریب ساتێ لەو شوێنە دا بێت ئەوە حەجەکەی دروستەو ئەگەر ئەوەندە فریا نەکەوت حەجەکەی بۆ حیساب ناکرێت. جادوا بە دوای ئەو هاتنە خوارەوە لە لای (مەشعەر لحەرام) دا یادی خوا بکەن. مەشعەر لحەرام شوێنێکە پێی دەڵێن موزدەلیفە لە عەرەفات کە دێنە خوارەوە دێنە ئەوێ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە عەرەفات نوێژی مەغریبی دوا خست‌و نەی کرد تا هاتە موزدەلیفە، ئینجا لەوێ نوێژی مەغریب‌و عیشای بە یەکەوە بە یەك بانگ‌و دوو قامەت کرد، ئاشکرایە کە نوێژ گەورەترین یادی خوایە، یادی خوا بکەن هەرچۆن کە ئەو رێنمایی کردوون‌و کات‌و جێگای بەندایەتی بۆ دیاری کردون، ئەگەر چی ئێوە لە پێشەوە لەم بارەوە لە ریزی ئەو کەسانەدا بوون کە لارێ بوون کەوا بوو مادام ئەمڕۆ

ئێوه له سایەی لوتفی پەروەردگارەوە ڕێگای ڕاستتان دۆزیوەتەوە پێویستە لە سەرتان سوپاسی ئەم نیعمەتە بە نرخە بکەن، ئەم قسەیە پێشەکی لە بارەی قورەیشەوەیە کە خۆیان لە خەڵك بە جیا دەزانیو لە مەشعەرو لحەرامدا دەوەستانو نەدەچونە سەرەوە بۆ عەرەفات بۆیە خوا فرمانی پێدانو فەرموی:

(١٩٩) لە پاشدا بێنە خوارەوە لە کوێوە خەڵکی دێنە خوارەوەو خۆتان جیا مەکەنەوە لە خەڵك. واتە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەمو مرۆڤەکان بە یەك چاو سەیر دەکاتو ماوە نادات کەس خۆی بسەپێنێت بە سەر کەسی تردا بەڵکو دەفەرموێ: داوای لێ خۆش بوون بکەن لە خوا بەبێگومان خوا خوایەکی لێ خۆش بوو میهرەبانە. لە ڕاستی دا ئیستغفار بۆ گوناحەچونکە بەندە لەوعیبادەتەی کە دەیکات کەمو کوڕی هەیە،جا بەو شێوەیە ئەو کەمو کوڕیانە پڕدەکرێتەوە، لەسەر ئەم ڕێنماییە پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر کات کە سەلامی نوێژی دەدایەوە سێ جار دەیفەرمو: (استغفرالله)و لە پاش نوێژ سیو سێ جار سبحان الله وە سی وسێ جار الحمدللهو سیو سێ جار الله اکبری داناوەو چەندین دوعای تر کە لە هەمو ئیستغفارەکان گەورەتر ئەمەیە: {اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي فَإِنَّهُ لَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ} ئەمە پێی دەوترێت گەورەی هەمو ئیستیغفارەکان(سید الاستغفار) چونکە لێرەدا کابرا ئیعتراف دەکات بە خوایەتیو دەسەڵاتو هێزی پەروەردگارو بێ هێزیو تاوانی خۆی لە ئاستی خوداداو ئەم ئیستغفارەی پاش عیبادەت، تیماری دوو نەخۆشی گرنگ دەکات یەکەمیان: وەك لە پێشەوە وتمان تا کەمو کوڕی ئەو عیبادەتە چارەسەر بکاتو دووهەمیان: تا کابرای عیبادەت کەر لە خۆی بایی نەبێتو خەرمانی کردەوەکانی خۆی نەسوتێنێتو هەست بە کەمی خۆی بکات سەبارەت بە پەروەردگاری. جا پێغەمەرمان ﷺ دەفەرموێ: {وَمَنْ قَالَهَا مِنَ النَّهَارِ مُوقِنًا بِهَا فَمَاتَ مِنْ يَوْمِهِ قَبْلَ أَنْ يُمْسِيَ فَهُوَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ وَمَنْ قَالَهَا مِنَ اللَّيْلِ وَهُوَ مُوقِنٌ بِهَا فَمَاتَ قَبْلَ أَنْ يُصْبِحَ فَهُوَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ/البخاري/هەر کەسێك ئەوە بڵێ بەرۆژ کە دڵنیابێ پێی جا لەو ڕۆژەدا پێش ئەوەی کە شەو بێت بمرێت، ئەوسا ئەوە بەهەشتیە، وەهەر کەسێك ئەوە بڵێ بەشەوو کە دڵنیابێ پێی، جا لەو شەوەدا پێش ئەوەی کەرۆژی لێ ببێتەوە بمرێت ئەوسا ئەوە بەهەشتیە}

لە دایکی باوەڕدارنەوە عایشە(ڕەزای خوای لێ بێت) هاتوە کە: {كَانَ قُرَيْشٌ وَمَنْ دَانَ دِينَهَا يَقِفُونَ بِالْمُزْدَلِفَةِ وَكَانُوا يُسَمَّوْنَ الْحُمْسَ وَكَانَ سَائِرُ الْعَرَبِ يَقِفُونَ بِعَرَفَةَ فَلَمَّا جَاءَ الْإِسْلَامُ أَمَرَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ نَبِيَّهُ ﷺ أَنْ يَأْتِيَ عَرَفَاتٍ فَيَقِفَ بِهَا ثُمَّ يُفِيضَ مِنْهَا فَذَلِكَ قَوْلُهُ عَزَّ وَجَلَّ ثُمَّ أَفِيضُوا مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ/مسلم وغيره/ قورەیشو ئەوەی کە لەسەر ڕێچکەی ئەوان بون لەموزدەلیفە دەوەستانو پێیان دەوتن حومس، ئیتر هەمو عەرەب لە عەرەفات دەوەستان جا کاتێ کە ئیسلام هات خوای دەسەڵاتداری بەشکۆ فرمانی کرد بە پێغەمبەرەکەی کە بچێتە عەرەفاتو لەوێدا بوەستێت، پاشان لەوێوە بێتە خوارەوە، ئا ئەوەیە مانای فەرمایشتەکەی دەسەڵاتداری بەشکۆ ﴿ ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ ٱلنَّاسُ .. ﴾ }

(٢٠٠) ئەوسا هەر کاتێك کە مەناسیكو پێویستیەکانی حەجتان بە جێ هێنا، جا یادی خوا بکەن هەروەکو چۆن یادی بابو باپیرانی خۆتان دەکەن.

دەڵێن لە پێش ئیسلام دا دوای ئەوەی کە حەجیان بە جێ دەهێنا هەر کەس دەهات بە شانو باڵی بابو باپیرانی خۆی داو دەبو بە خۆهەڵکێشان، ئیسلام هات ئەو شتە بێ سودەی وەك باقی شتەکانی تر لابردو فەرموی یادی خوا بکەن وەکو ئەو یادانەتان یان لەوەش زیاتر یادی خوا بکەن وا مەزانن کەوا حەج تەواو بووە ئیتر ئیشتان تەواو بووە، نەخێر پێویستە زیاتر خۆتان بە یادی خواوە خەریك بکەنو زیاتر سوور بن لەسەر ئەنجام دانی ئیشی چاك هەروەك لە سورەتی (ئینشراح) دا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:﴿ هەر کاتێك کە تۆ لە دەعوەتو بانگەوازی کردنی خەڵك بویتەوە ئەی محمدﷺ وامەزانە کە ئیتر دەبێ ئیسراحەت بکەیت بەڵکودەبێ خۆت ماندو بکەیتو عیبادەتی زیاتر بکەیت﴾ ئەوە بوو پێغەمبەرمانﷺ لە

وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن تَعَجَّلَ فِي
يَوۡمَيۡنِ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۖ لِمَنِ ٱتَّقَىٰۗ
وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُمۡ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ﴿٢٠٣﴾ وَمِنَ
ٱلنَّاسِ مَن يُعۡجِبُكَ قَوۡلُهُۥ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ
عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلۡخِصَامِ ﴿٢٠٤﴾ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ
فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُفۡسِدَ فِيهَا وَيُهۡلِكَ ٱلۡحَرۡثَ وَٱلنَّسۡلَۚ وَٱللَّهُ
لَا يُحِبُّ ٱلۡفَسَادَ ﴿٢٠٥﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتۡهُ ٱلۡعِزَّةُ
بِٱلۡإِثۡمِۚ فَحَسۡبُهُۥ جَهَنَّمُۖ وَلَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ﴿٢٠٦﴾ وَمِنَ
ٱلنَّاسِ مَن يَشۡرِي نَفۡسَهُ ٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ
رَءُوفُۢ بِٱلۡعِبَادِ ﴿٢٠٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ
فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ
إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٢٠٨﴾ فَإِن زَلَلۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ
مَا جَآءَتۡكُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ
﴿٢٠٩﴾ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأۡتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِي ظُلَلٖ مِّنَ ٱلۡغَمَامِ
وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ﴿٢١٠﴾

ماڵەوە ئەوەندە نوێژی کردبوو ژێر پێی پیرۆزی شەق شەق ببو، ئینجا خوای گەورە کە زاناو بیسەرو بینەری نیەتو کردارەکانی ئێمەیە ئێمە دەکات بە دوو بەشەوەو دەفەرموێ: ﴿خەڵکی وا هەیە هەر داوای دنیا دەکات بۆنمونە، دەڵێ خوایە سەروەتو سامانی زۆرم پێ بدە خوایە ژیانم خۆش بکە ئاوەها دەپاڕێتەوە خوای گەورەش دەفەرموێ: بۆ ئەوانەی کە ئاوا دەڵێن لە رۆژی قیامەت دا هیچ بەشێکیان نیە چونکە ئەوان هەر دنیایان داوا کردوە﴾

﴿٢٠١﴾ وە هەندێکی تریش لەوان هەیە کەدەڵێن:خوایە لە دنیادا چاکەمان بدەرێو لە قیامەتیش دا هەر چاکەمان بدەرێو بمان پارێزە لە ئاگر.

﴿٢٠٢﴾ئەوانە بەشێکی گەورەیان بۆهەیە لەو کارو کۆششەی کە دەیکەنو بە راستی خوای گەورە بە پەلەیە لە حیساب کردندا، واتە:زوو حیساب دەکاتو کارو کۆششی کەس بە زایە ناچێتو ئەو کەسانەی کە بەم شێوەیە دەپاڕێنەوەو داوای خێری دنیاو قیامەت دەکەن پاڕانەوەکانیان زۆر پەسەندە، چونکە بەم پاڕانەوەیان سیفەتی سەخاوەتو فراوانیو بەخشندەی خوا دەسەلمێنن هەر بۆیە زۆرترین دوعای پێغەمبەر ﷺ ئەوە بووە بە راستی نزایەکی زۆر پڕ مانایە چونکە هەمو چاکەی دنیاو هەمو چاکەیەکی دوا رۆژیشی تێدایە.

﴿٢٠٣﴾وە یادی خوا بکەن لە چەند رۆژێکی دیاری کراودا کە سێ رۆژی پاش حەجە (ایام التشریق) وە لەو یاد کردنەوەیە قوربانی کردنو رەجمی شەیتان کردنی حاجیان لە ماوەی ئەو سێ رۆژەدا بەڵام بۆ کەسێك کە پەلەی بوو دەتوانێت لە دوو رۆژدا ئەو سێ رەجمی شەیتانە ئەنجام بدات وەك دەفەرموێ:جا کەسێك کە پەلە بکات لەو دوو رۆژەدا ئیشی ئەو سێ رۆژە ئەنجام بدات گوناهی ناگاتو کەسێکیش دوای بخاتو لەم سێ رۆژەدا تەواوی بکات گوناهی ناگات واتە بە کەیفی خۆتانە دوو رۆژ دوای حەج ئەمێننەوەیان سێ رۆژ پێغەمبەری مەزن ﷺ دەفەرموێ: {أَيَّامُ التَّشْرِيقِ أَيَّامُ أَكْلٍ وَشُرْبٍ وَذِكْرٍ لِلَّهِ /مسلم/ ئەم رۆژانە رۆژی خواردنو خواردنەوەو یادی خودایە} بۆ ئەو کەسەی کە پارێزکار بێتو لە خوا بترسێت ئەم پاشو پێش خستنە تاوان نیەو لە خوا بترسنو بزانن بە راستی کە ئێوە لای خوا کۆدەکرێنەوە بۆ حیساب دوای ئەوەی کە مرۆڤەکان هەر یەکەو لە گۆشەیەك دا کەوتوەو لە ناو خاکدا رزیوە، لە راستیدا کۆبوونەوەی ئەمڕۆی حاجیەکان لە سەرانسەری جیهان دا بێ جیاوازی لە رەنگو نەژادو زمانداو بە یەك لیباسی سادەی نەدووراو بەڵگەیەکی بچوکی ئەو کۆکردنەوە گەورەیەی رۆژی قیامەتە، بەراستی هیچ دەسڵاتدارێك نییە لەم جیهانەدا ئاوا خەڵك لەهەمورەنگ‌وزماندا بەبێ زۆرو بەماڵ‌وبەکەیفی خۆیان لەجێگایەکدا کۆبکاتەوە بەڵام ﷲ کۆیان دەکاتەوە!! ئینجا وەسفێکی تری دووڕووەکانمان بۆباس دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٢٠٤﴾هەندێ لە خەڵك هەیە کاتێ لە بارەی دنیاوە قسە دەکەن سەرت سووڕ دەمێنێت لە جوانیو شیرینی قسەکانی بۆ نمونە دەڵێت: خەڵکی دەخەینە خۆشیەوەو مافی مرۆڤ ریعایەت دەکەین ومرۆڤ بەرەو پێشکەوتن دەبەینو وڵات ئاوەدان دەکەینەوە..و..هتد. لە عەینی کاتیشدا خوا ئاگادارە بەوەی کە لەناو دڵیدایەو قسەو دڵی وەك یەك نین

یان هەمیشە لەسەر قسەکانی خوا دەگرێ بە شایەتو دەڵێ خوا شایەتە کە من ئەو قسانەی دەیکەم لە دڵمەوەیە. لەحاڵێکدا کەئەو لاسارو نەگونجاوو شەڕەنگێزە. بەڵێ لە قسەکانی دا ئاوەهایە ئەی لە کرداری دا؟ خوا دەفەرموێ:

(٢٠٥) جا هەر کاتێك کە ریاسەت بگرێتە دەستو ببێت بە شتێكو مەسئولیەتێ بگرێتە دەست هەوڵ دەدات لەم سەر زەویەدا بۆئەوەی بێ بەندوباریو تێدا بڵاو بکاتەوە هەم کێڵگەو هەم وەچەی مرۆڤ لە بەین دەبات. ئەم جۆرە مرۆڤانە کورد واتەنی "گورگنو لە پێستی مەڕدان" بە راستی ئەمانە دەمو دڵ پیسنو خراپەکارن بۆیە خوا دەفەرموێ: بە راستی خوا مرۆڤی خراپەکاری خۆش ناوێت. جائەو مرۆڤە زمان لوسو دڵ پیسو بەد کردارە دژی ئامۆژگاریشە.

(٢٠٦) هەر کاتێ پێیان بووترێت بە تایبەت کاتێ کە دەبن بە لێپرسراو ئاوەها رەفتار مەکەنو لە خوا بترسن لە باتی چاك بوون زیاتر سوور دەبن لەسەر گوناحو دژایەتی ئایین. جا ئەو لووت بەرزیو تاوانکردنە لە دوارۆژدا دوچاری سزای دۆزەخیان دەکات وەك دەفەرموێ: جابەسە بۆیان جەهەننەمو پیسترین بێشکەوئارامگایەکە بۆ ئەوان، جا با هەمو مرۆڤێکی خوا ناس تەماشای خۆی بکاتو ئاگای لەناو دەرونی خۆی بێت نەوەك لە رێزی ئەو تاوانبارانەدا بێتو دنیاو قیامەتی لە دەست دەرچێت، ئینجا هەروەکو باوی قورئانە کاتێ کە باسی پیاو خراپانو سزایان دەکات باسی پیاو چاکانو پاداشتیان دەکاتو دەفەرموێ:

(٢٠٧) لەناو خەڵکیشدا پیاوی واش هەیە کە نەفسی خۆی دەفرۆشێت بە خواو لە بەر رەزامەندی خوا بێ ماندوو بونو بێ پسانە جیهاد دەکات لە رێگای خواداوخواش میهرەبانە سەبارەت بە بەندەکانیو کۆششو تەلاشی هیچ خاوەن باوەڕێك زایە ناکات. هەندێك دەڵێن: وشەی (یشری) بە مانای خۆیەتی، واتە: بە مانای کڕینە یەعنی نەفسی خۆی دەکڕێت بۆ خوا.وشەی (شراء) بۆ کڕینو بۆ فرۆشتن بە کار دێت. واتە: لەناو خەڵکیشدا پیاوی واش هەیە کە نەفسی خۆی دەکرێت بۆ خواو خواش میهرەبانە سەبارەت بە بەندەکانیو کۆششو تەلاشی هیچ خاوەن باوەڕێك زایە ناکات.

دەڵێن یەکێك لە یارەکانی پێغەمبەرﷺ کەناوی (سوهەیبی رۆمی) بو کاتێك کەدەستوردرا هیجرەت بکرێت لەمەکەوە بۆ مەدینە یارەکان هیجرەتیان کرد سوهەیبیش هیجرەتی کرد سوهەیب کەمێك دەوڵەمەند بو لەخەڵکی مەکەو قورەیش نەبو بەڵکو خەڵکی رۆم بوو بەڵام دەمێك بوو هاتبوە ناو قورەیشو مەکەو بە کەسابەتەوە خەریك بوو سامانێکی بە دەست هێنا بوو ئینجا کە زانیان کۆچ دەکات رێگایان لێ گرتو وتیان: تۆ هاتویتە ناو ئێمەو دەوڵەمەند بوویو ئێستا دەتەوێت لەگەڵ محمد ﷺ بچیت؟ ئێمە ئیجازە نادەین بچیت بۆ مەدینەو ئەو هەموماڵو سەروەتە ببەیتو لەگەل ئێمەدا شەڕ بکەیت ئەویش تیرو کەوانی لەسەر شانی بوو دایگرت شمشێرەکەشی پێبو وتی: خۆ ئێوە دەزانن من چەند تیر ئەندازم ولاهی چەند تیرم پێیە یەك تیری بە خۆڕایی ناهاوێژمو تا ئەم شمشێرەیشم لە دەست دا بێت زەلامی پێ ئەکوژم جا ئیتر با بم کوژن جا هەرچی دەکەن بیکەن دڵنیا بن کە من کۆچ دەکەم وتیان: نایەڵین ماڵەکەت ببەی. وتی: ئەگەر هەمو ماڵەکەتان پێ بدەم ئیجازە دەدەن بچم؟ وتیان: بەڵێ. وتی: بڕۆن ماڵم لە فلانە شوێنەو هەمو شوێنەکانی پێشان دان، ئینجا ئیجازەیان دا کە کۆچ بکات بۆ لای پێغەمبەرﷺ جا هێشتا سوهەیب نەگەیشتبوە مەدینە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: { رَبِحَ صُهَيْبٌ، رَبِحَ صُهَيْبٌ/ابن حبان، والبيهقي / سوهەیب قازانجی کرد سوهەیب قازانجی کرد} ئەوە بوو کە سوهەیب گەیشتە جێ چەند کەسێك لەیاران چون بە پیریەوەو وتیان: موژدە بێت پێغەمبەری خواﷺ ئاوەهای فەرموە، جا دەڵێن: ئەم ئایەتە دەربارەی ئەوە دابەزیوە، لەراستیدا بۆ هەمو موجاهیدێکی راستەقینەیە تا رۆژی قیامەت.

بەڵێ پێشەوایانی ئێمە ئاوەها پارێزگاری ئەم ئایینە بە نرخەیان کردوە بۆیە بوون بە مامۆستای جیهان ئێمەیش ئاوەها وازمان لێ هێنا بۆیە بووین بە پەندی جیهان.

دەبا جارێکی تر گوێ لە بانگەوازەکانی خوا بگرینو تۆزی نەفامیونەزانی لە خۆمان بتەکێنینو ژیرانە لە

فرمانەکانی خوا ورد ببینەوەو سەر لە نوێ ئایینەکەمان بناسینەوەو جارێکی تر بەرەو ئاسۆیی‌و سەرفەرازی هەنگاوی مەردانە هەلگرین، ئەوەتە خوا بانگمان دەکات‌و دەفەرموێ:

(٢٠٨) ئەی باوەڕداران بچنە ناو ئایینی ئاشتی‌و تەبایی‌و سوڵح‌و سەفاوە کە ئایینی ئیسلامەو بە تەواوی هەمو بەشەکانی وەرگرن‌و پەیڕەوی هەمو فرمانەکانی بکەن. واتە نابێ وەك ئەمڕۆی ئێمە ئیسلام وەرگرین هەندێکی ئەنجام بدەین‌و هەندێکی وەپاش گوێ بخەین. ئەوە بو ﷲ لە ئایەتی هەشتاوپێنجی هەمان سوورەت دا هەڕەشەی کرد لەو کەسانەی ئاوەها رەفتارێك دەکەن لەگەڵ ئاییندا‌و دڵنیای کردین هەتا ئاوەها بین هەمیشە لە دنیادا سەر شۆڕ دەبین‌و لە رۆژی قیامەتیشدا سەخترین سزا چاوەڕوانمانە. دەبا بیر لە حاڵی خۆمان بکەینەوەو بەزەیمان بە خۆماندا بێتەوە پەیمانێکی راستەقینە لەگەڵ خوای خۆماندا ببەستین‌و ئەم ماوە کەمەی تەمەنمان لە خزمەت قورئان دا ببەینە سەر تا ئەگەر لەم ژیانەدا نەژین لە ژیانەکەی تردا بەختەوەرانە بژین.

دلنیا بن ئەگەر وا بین مەردانە دەژین‌و مەردانەش دەمرین‌و رۆژێکی پاش مەرگیشمان خۆشترو چاکتر دەبێت لە هەزار ساڵ ژینمان. بە راستی ئەم کەمتەر خەمی‌و گوێ نەدان بە دینە پەیڕەوی کردنی شەیتانەو شەیتانیش دوژمنی دوا نەهاتوی ئێمەیەو لە فریودان‌و خەڵەتاندنی بەرەی ئادەمیزاد دا دەستێکی پۆڵایین‌و بێ بەزەیی هەیە، بۆیە پەروەردگاری میهرەبان ئەوەندە باسی شەیتان دەکات‌و بەرەی ئادەمیزاد لەو دوژمنە ئاگادار دەکاتەوە وەك لێرەدا دەفەرموێ: ئایینی ئیسلام بە تەواوی وەرگرن‌و بچڕ بچڕی مەکەن کەهەر بەشێك

حیزبێك دابنێت. لە خوا بترسن‌و دەست بە ئایینەکەی خواوە بگرن‌و دوای هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون‌و ئاواتەکانی مەهێننە دی چونکە بەراستی شەیتان بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە. دەی ئایا ژیرانەیە کە مرۆڤ بە گوێی دوژمنی خۆی بکات؟ ئەوە بو شەیتان کاتێ کە بە بۆنەی سوجدە نەبردنیەوە بۆ ئادەم نەفرینی لێ کرا ئەویش سوێندی خوارد کە نەیەڵێت هیچ کەسێك بە سەر رێگا راستەکەی خوادا بڕوات وتی:﴿ بە عیزەتت قەسەم هەموویان گومڕا دەکەم بێجگە لە بەندە موخلیسەکانت﴾ ساد/٨٢،٨٣.

جا ئەگەر ئێمە موخلیس نەبین ئەبێ چاك بزانین کە شەیتان دەتوانێت گومڕامان بکات. موخلیسیش ئەوەیە کە ئیشەکانی خۆمان پاڵفتە بکەین بۆ خوا. بەلگەی بەندەی راست‌و پاڵفتە ئەوەیە کە ئەنجام دانی بەندایەتی لە خواردنی خۆش بە خۆشتر تەماشا بکات وەکو پێغەمبەرﷺ لە کاتی تەنگانەدا ئەیفەرمو{يَا بِلاَلُ اَقِم الصَّلاة أرِحْنَا بِها/ ابوداود، صححه الالباني/ ئەی بیلال قامەت بکە بۆ نوێژو بەوە کەیف خۆشمان بکە} واتە: قامەت بکە با دەست بکەین بە نوێژو بەو نوێژە پەژارەکانمان کەم کەینەوە. بەڵێ خاوەن باوەڕی راستەقینە ئەو کەسانەن کە بەندایەتی خوای خۆیان بە لاوە لە هەمو شت شیرین ترە تەنانەت لە گیانیشیان چونکە خوای خۆیان چاك دەناسن‌و تەنها سەری بەندایەتی بۆ ئەو شۆڕ دەکەن وهەر لە ئەویش دەترسن جا چونکە مرۆڤ دوو دوژمنی سەرەکی هەمیشە لەگەڵدایە، یەکەم: نەفس، دووهەم: شەیتان، لەبەرئەوەزۆر هەڵدەخلیسکێ بەڵام خوا زۆر بەخشندەیە ئەگەر پەشیمان ببێتەوە دەی بەخشێت.

(٢٠٩) جا ئەگەر ئێوە هەڵخلیسکان‌و لاتان دا دوای ئەوەی کە حەقیقەتتان بۆ رۆشن کرایەوەو بەلگەی ئاشکراتان بۆ هات دەی باش بزانن بە راستی خوا خاوەن دەسەڵاتەو تۆڵەتان لێ دەستێنێ‌و ئەم تۆڵە سەندنەوەش کارێکی دانایانەیە. لادان تەنها زیانی بۆ لادەر نیە بەلکو زیان بە خەلکی تریش دەگەیەنێت بۆیە چاو پۆشی لێ ناکرێت وە تۆڵەی لێ وەردەگیرێت.

هەندێ ﴿ كَآفَّةً ﴾ بە حاڵی واوی﴿ ءَامَنُواْ ﴾ی دەزانن واتە هەموتان بچنە ناو ئایینی ئیسلامەوە وە هەندێکیشی بە حاڵی ﴿ ٱلسِّلۡمِ ﴾ دا دەنێن وەك مانامان کرد هەردوو دەگونجێ‌و چاکەو بۆ هەردوش بەلگە هەیە بەڵام من دووهەمیانم بە لاوە جوانترە لە بەرئەوەی کە خوا بە ناوی باوەڕدارەوە بانگمان دەکات‌و دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ

سَلْ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ كَمْ ءَاتَيْنَٰهُم مِّنْ ءَايَةٍۭ بَيِّنَةٍۗ وَمَن يُبَدِّلْ نِعْمَةَ
ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢١١﴾ زُيِّنَ لِلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ۘ وَٱلَّذِينَ
ٱتَّقَوْا۟ فَوْقَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۗ وَٱللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ
﴿٢١٢﴾ كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ
وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ
فِيمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِۚ وَمَا ٱخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ أُوتُوهُ مِنۢ بَعْدِ
مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْۖ فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
لِمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلْحَقِّ بِإِذْنِهِۦۗ وَٱللَّهُ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ
صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٢١٣﴾ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا
يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُمۖ مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ
وَزُلْزِلُوا۟ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِۗ
أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ ﴿٢١٤﴾ يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَۖ قُلْ
مَآ أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ
وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِۗ وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴿٢١٥﴾

ءَامَنُوا۟ ﴾ بچنە ناو ئیسلامەوە واتە هەمو خاوەن باوەڕان بانگ دەكات كە بە تەواوی بچنە ناو ئایینەوە.

هەندێك ﴿ٱلسِّلْمِ﴾یان، بە مانای ئاشتی مانا كردوە ئەمە لەوانەیە كە مانای لازمی بێت چونكە تەسلیم بونی تەواو بە ئایین تەسلیم بونی ئاشتیە لەگەڵ تەواوی ئەم بونەوەرەدا چونكە هەموی تەسلیمو گەردن كەچی خوای گەورەو خاوەن دەسەڵاتە وەك دەفەرموێ: ﴿ هەربۆ ئەو تەسلیمو گەردن كەچە ئەوەی كە لە ئاسمانانو زەویدایە﴾ئالی عیمران/٨٣.

هەروەها دوژمنانی ئایین هەر كاتێ ئامادەی فرمانڕەوایی ئایین بوونو وازیان لەشەڕهێنا با باوەڕیشیان بە ئایین نەبێت خاوەن باوەڕان ئەبێ لێیان وەرگرن وەك دەفەرموێ: ﴿ئەگەر ئەوان ئامادەی ئاشتی بوون تۆش باڵی بۆ ڕاكێشە﴾ئەنفال/٦١. دوابە دوای ئەم تەسلیم بوونو ترساندن لە هەڵخلیسكانی ئەم دنیایە سرنجی مرۆڤ بۆ هاتنی ڕۆژی دوای ڕادەكێشێو دەفەرموێ:

﴿٢١٠﴾ ئایا باوەڕ ناهێننو هەر لەسەر ئەو بێ باوەڕیە دەمێننەوە تا ئەو كاتەی كە خوای گەورە لە ناو سێبەری هەورێكدا دادەبەزێ بۆ حیسابو فریشتەكانی هەر حەوت ئاسمان دێنە خوارەوە وهەمو ئیشەكان جێ بە جێ كراوە هێشتا كە قیامەت نەهاتوە ﷲ دەفەرموێ: ئیش جێ بە جێ كراو هەمو كاروبارێك روبە خوا دەكرێتەوە. هەندێ ئەم ئایەتەیان بەم شێوەیە مانا كردووە، ئەم بێ باوەڕانە باوەڕ بە ئایین ناكەنو داوای بەڵگەی ئاسمانی دەكەن واتە: داوای سزا دەكەن.

بەڵام ئێمە ڕەئی یەكەم بە نزیكتر دەزانین لە بەر ئەو فەرمووده مەشهورەی پێغەمبەرﷺ كە خەڵك لە پاش وەستانێكی زۆر لە سەرای مەحشەردا ناچار ڕوودەكەنە پێغەمبەرەكانو لە باوكەگەورەمانەوە ئادەم دەست پێ دەكەن تا دەگەنە محمد ﷺ ئا لەوێدا دەفەرموێ: {بەڵێ، من بۆ ئەوەم}، دەچێتو لە ژێر عەرشدا سوجدە دەبات بۆ خواو داوا دەكات كە خوا تەشریف بهێنێت بۆ دادگایی كردنی خەڵك خوایش داواكەی لێ وەردەگرێتو لە سێبەری هەورێكدا دادەبەزێت دوای لەتبونی ئاسمانی یەكەمو هەمو فریشتەكانی ئاسمانی یەكەمو پاشان دووهەمو پاشان هەر حەوتیانو هەلگرانی عەرشو فریشتە زۆر بەرێزەكانی تر دادەبەزن بەڵام چۆنیەتیەكەی نەزانراوەو لەموتەشابیهاتەو چونە خوارەوە تێیدا بەڵگەی دڵ نەخۆشیەو لادانە لەراستە ڕێگای ئیسلام.

﴿٢١١﴾ پرسیار بكە لە جووەكان جا دەزانیت كە ئێمە چەند بەڵگەی ئاشكرامان پێ دان وەك ڕووناكی دەستی موساو عەساكەیو لەتكردنی دەریاو شەق كردنی بەردوو هاتنە دەرەوەی ئاو لەو بەردەو سێبەری هەور بۆ پاراستنیان لە گەرماو گەزۆو شیلاقە بۆ خواردنیان، بەڵام ئەوان سوپاسی خوایان نەكردو پەیڕەوی پێغەمبەرەكەیان نەكرد بۆیە نەفرینیان لێ كراو بۆ هەمیشە كەوتنە بەر ڕقو قینی ﷲ ی خاوەن دەسەڵاتو هەر كەسێك نیعمەتی ﷲ كە بریتیە لە ئایین بگۆڕێت پاش ئەوەی كە ئایینی پێ گەیشتو ناسی دەبێت هەروەك جووەكان چاوەڕوانی سزای سەخت بێت، چونكە بە ڕاستیﷲخاوەنی تۆڵەی سەختە بۆ دوژمنانی ئایینو پێغەمبەرەكەی. ئینجا دەفەرموێ:

(٢١٢) جوان کراوە بۆ بێ باوەڕان ژیانی دنیاو زۆر کەیفخۆش‌و شادو لوت بەرزن بەو سەروەت‌و سامانەی کە خوا پێی داون‌و هەر خەریکی کۆکردنەوەن‌و دەستیان بۆ بەخشین‌و سەرف کردنی لەسەر بڕیاری خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ قوچاوەو هیچی لێ دەرناچێت‌و گاڵتە بە موسڵمانەکان دەکەن کە کەم دەست‌و لاوازن کە ئەمەش وەسفێکی هەمیشەیی زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانانە لە بەر چەند هۆیەك کە ئەمانەی خوارەوە گرنگەکانیانە :

یەکەم ـ موسڵمانی ڕاستەقینە نەك هەر گیانی، بەڵکو ماڵیشی فیدای ڕێبازی خوا دەکات‌و لە باتی کۆکردنەوەی سەروەت‌و سامان بە خزمەت کردنی ئایینەوە خەریك دەبێت.

دووەم ـ کۆکردنەوەی سەروەت‌و سامان لای موسڵمانی ڕاست‌و دروست شتێکی لاوەکیەو دنیای بۆ خزمەتی ئایین دەوێت‌و بۆ دنیایەکی کۆتاو بۆ ڕۆژییەکی دیاری کراو هەرگیز ئایینەکەی نادۆڕێنێت.

سێهەم ـ موسڵمان لەو سەروەت‌و سامانە کەمەیش کە دەستی دەکەوێت، بێجگە لە زەکات بەشێکی تری تەرخان دەکات بۆکەم دەستان‌و هەتیوان‌و خزمان کە ئەم سێ خاڵە لەدنیادا زۆرجاردەبنە هۆی کەم دەستی‌و کەم سامانی موسڵمان بەڵام لەدوارۆژدا زۆردەوڵەمەندە.

چوارەم ـ ڕێگای ئایین بە زۆری کەم دەستان‌و چەوساوان بیری لێ دەکەنەوەو وەری دەگرن بەدرێژایی مێژوی کوفرو ئیسلام، هەمیشە خۆشگوزەرانان بێجگە لە بیر کردنەوە لە کۆکردنەوەی سامانی زیاترو ڕابواردنی خۆشترو چەوساندنەوەی کەم دەستان مەگەر بە دەگمەن ئەگینا بیریان لە ئایین مەگەر بۆ دژایەتی کردبێتەوە بە ڕاستی ئەگەر بەڵێنی پەروەردگار نەبوایە، دەبوایە خاوەن باوەڕان لە هیچ کاتێکدا سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنایە بەڵام پەروەردگارمان خاوەنی بەخششەو دەفەرموێ: ﴿ ئەوسا هەر شتێك دەبەخشن خوا جێگاکەی پڕ دەکاتەوە﴾. سبا ٣٩.

پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ أَنْفِقْ أُنْفِقْ عَلَيْكَ /البخاري/ خوای دەسەڵاتداری گەورە دەفەرموێ: ئەوەی ئادەم ببەخشە پێت دەبەخشم} جا بێ باوەڕان بە بۆنەی ئەو سەروەت‌و سامانەی کە هەیانە لە خۆیان بایی دەبن‌و گاڵتە بە خاوەن باوەڕان دەکەن خواش لە ڕۆژی قیامەتدا خاوەن باوەڕان بەرز دەکاتەوەو بە نازو نیعمەتی بێ وێنەو زۆرو هەمیشەیی بەهەشت خۆشبەخت‌و شادیان دەکات‌و ستەم کاران بە سزای سەختی جەهەننەم سەر شۆڕو ڕسوا دەکات.ئینجا دەفەرموێ: بەڕاستی خوا ڕۆژی دەدات بەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت لە دنیاو لە دوا ڕۆژدا بە بێ ژمار، واتە: سامان بە دەست خوایە و هەرخۆی دابەشی دەکات نە زۆریەکەی بەڵگەی چاك یان خراپی کابرایەو نە نەبوونەکەی، بەڵکو هەردوو بۆ تاقیکردنەوەیەو پێویستە مرۆڤ ئاگای لە خۆی بێت.

ئینجا خوای گەورە باسی بەش بەشی خەڵك‌و دەست پێ کردنی ئەو بەش بەشیەمان بۆ دەکات‌و دەفەرموێ:

(٢١٣) لە کۆنەوە خەڵك خاوەنی یەك بیرو باوەڕی ڕاستەقینەو یەك پارچە بوون هەتا نزیکەی سەردەمی نوح (عليه السلام) ئیتر شەیتان دەوری خۆی دی‌و خەڵکی فێری بت پەرستی کرد، ئینجا خوا پێغەمبەرانی یەك لە دوای یەك نارد کە یەکەمیان نوح(عليه السلام)و ئاخریان محمدە ﷺ بۆ ئەوەی کەمژدەی بەهەشت بدەن بەو کەسانەی کە ئیشی باش دەکەن‌و بترسێنن ئەو کەسانەی کە ئیشی خراپ دەکەن بە جەهەننەم‌و لەگەڵ ئەو پێغەمبەرانەدا کتێبی نارد بۆ مەبەستێکی ڕاست‌و دروست تا ئەو پێغەمبەرە حوکم بکات لە نێوان خەڵکدا لە بارەی ئەو ناڕێکیەی کە هەیانە سەبارەت بە یەکتا پەرستی‌و پەیڕەوی پیاوانی چاك‌و دوور کەوتنە لە تاوان‌و بت پەرستی‌و شتانی پڕو پووچ‌وهەرئەوانە ناکۆکیان تێیدابوکە کتێبیان پێ درابوو پێغەمبەریان بۆ هاتبوو، واتە: لە سەرەتاوە دەیان وت: ئەگەر پێغەمبەرێك بێت یان پیاوێکی چاك بێت هەمومان دوای دەکەوین‌و ناکۆکی دروست ناکەین‌و خراپەش ناکەین، بەڵام کاتێ کە پێغەمبەر دەهات ناکۆکیان دروست دەکرد بە ڕاستی ڕەوشتی مرۆڤ ئاوەهایە لە پێش هاتنی پیاوچاك ئاواتی هاتنی دەخوازن لەپاش مردنیشی داخ وخەمی بۆ دەخۆن‌و لەسنور دەردەچن، بەڵام ئەگەر هات‌و کەسێکی

چاکیان لیٰ پەیدا ببێت هەر زۆر زوو دەست دەکەن بەدژایەتی ئەگەر چی دەزانن راستیشە وەك لێرەدا دەفەرموێ: پاش ئەوەی کە نیشانەی ئاشکرا دەهاتە لایان، ئینجا ناکۆکیو دژایەتیان دەست پێ دەکرد کە یاخی بون لەناو خۆیانداو حەسادەت وای لیٰ کردن کە دژایەتی یەکتر بکەن، ئەوسا الله رێنمایی خاوەن باوەڕانی کرد بۆ ئەو شتەی کە راستو دروستەو ئەوان نارێك بوون تێیدا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤی موسڵمان پێویستە باوەڕ بێنێتو نابێت خۆی کەمتەر خەم بکاتو چاوەڕێ ئەوە بێت کە الله هیدایەتی بدات چونکە الله دەفەرموێ: رێنمایی ئەو کەسانە دەکەین کە پێشەکی باوەڕیان هێنا بێ وەکو دەفەرموێ:﴿ ئەو کەسەی کە لە پێناوی ئێمەدا کۆشش دەکات بە راستی ئێمەش ئەو رێنمایی دەکەین﴾

عەنکەبوت: ٦٩.

لە فەرمودەیەکی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە کە دەفەرموێ: {ئێمە ئاخر ئوممەتین کە هاتوینو یەکەم ئوممەتین لە رۆژی قیامەتدا. ئێمە ئەوەڵ کەسین کە دەچینە بەهەشتەوە هەرچەند کە خاوەن پەراوەکان پێش ئێمە بوونو ئێمە لە پاشدا پەراومان دراوەتیٰ خوا ئێمەی رێنمای کرد بۆ ئەو شتەی کە راستو دروستەو ئەوان نارێك بوون تێیدا ئەمە ئەو رۆژەیە (جومعە) کە ئەوان بە هەڵەدا چوون لە بارەیەوەو بەیانی (شەممە) هی جوولەکەیە وپاش بەیانی (یەکشەممە) هی فەلەکانە} بەڵیٰ ئێمەو ئەوان لە زۆر شتا لە یەك جیاین ئەوان (بەیتولوقەدەس) دەکەن بە قیبلە ئێمە قیبلەی راستمان دۆزیەوە ئەوان لە بارەی ئیبراهیمەوە نارێکیان هەیە هەندێکیان دەڵێن: ئیبراهیم جوولەکەیەو هەندێکیان دەڵێن: ئیبراهیم فەلەیەو هەندێکیان دەڵێن: هاوەڵ دانەرە (موشریك)، ئێمە بە راستی ئیبراهیممان ناسیو دەزانین کە هیچ کام لەوانە نیە بەڵکو موسڵمانێکی پاكو راستو خاوێن بووە پێغەمبەرێکی خاوەن شکۆیە، ئەوان هەندێکیان عیسا بە خراپ ناو دەبەنو هەندێکیان بە خوای دەزانن ئێمە بە پێغەمبەرێکی پاكو بیٰ گەردو بەندەی راستەقینەی خوای دەزانین، جا پێویستە ئێمە سەری شوکرانە بژێری ئەوی کەین بۆ خواو سوپاسی بکەین کە ئێمەی لەو بەدبەختیو سەر لێشێواویە رزگار کرد چونکە هەر ئەو دەتوانیٰ بەندەی خۆی رێنمایی بکاتو رێگای راستی پێشان بدات وەك دەفەرموێ: تەنها الله کە رێنمایی ئەو کەسانە دەکات کە ئارەزۆی لیٰ بێت بۆ رێگای راست کە ئایینی بەرزو بە نرخی ئیسلامە. لێرەدا دەگونجیٰ (فاعل) (یشاء) بۆ (من)ە کە بگەڕێتەوە واتە الله کەسێك رێنمایی دەکات بۆ رێگای راستو ئیشی باش کە ئەو کەسە خۆی ئارەزۆی لەو شتە بیٰو هەوڵی بۆ بدات وەك دەفەرموێ:جاخوا رێنمایی ئەو کەسانە دەکات کە باوەڕیان هێناوە.

وەك لەم پاڕانەوەدا هاتووە (ئەی خوایە حەقمان بە حەق پێشان بدەو یارمەتی مان بدە کە رێگای حەقو راستی بگرینو ئەوەی کە ناڕەوایە بە نارەوا پیشانمان بدە کە دوور کەوینەوە لێیو نەیگۆڕی لێمان کە گومڕا ببینو بۆ پارێزکاران بمانکە بە پێشەوا) واتە: ئەوەندە رەوشت بەرزیو چاکیو ئیخلاسمان تێدا بروێنە کە پارێزکاران چاومان لیٰ بکەنو بمانکەن بە مامۆستاو پێشەوای خۆیان. ئا بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای دەکردو لە خوا دەپاڕایەوە، چونکە دۆزینەوەی راستی زانایی دەوێتو پەیرەوی کردنیشی پیاوی دەوێت هەروەها ناسینی بەتاڵو پرو پووچ زانای دەوێت دوور کەوتنەوەشی پیاوی دەوێت هەر بۆیە لە پاش ئایەتی رێنمایی سرنجمان بۆ زەحمەتی پێشوان رادەکێشێتو دەفەرموێ :

(٢١٤) ئایا ئێوە وا گومان دەکەن کە دەچنە ناو بەهەشتەوە بە ئاسانیو هێشتا نەهاتوە بە سەرتاندا ئەو بەڵاو سزاو زەحمەتانەی گەلانی پێش خۆتان کە ئەوان فەقیری یەخەی دەگرتنو زیانی گیانیان لیٰ دەکەوتو بە کارەساتی جۆراوجۆر دەهەژێنران بە شێوەیەك کە بە تەمای خۆیان نەدەمان وەك دەفەرموێ: هەتا ئەوەندە دەکەوتنە مەترسیەوە پێغەمبەرو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لە خاوەن باوەڕان دەیان وت: کەی یارمەتی خوا دێت خۆ ئێمە خەریکە لە نێو دەچین؟ واتە: پێشوانی ئێوە ئاوەها بەهەشتیان بۆ خۆیان دەبچڕیو ئێوەش بە تەمان کە هەروا بە ئاسانی بچنە ناویەوەو خۆتان لەسەر ئایینو بیرو

باوەڕی ڕاستەقینەی ئیسلام کە بەرنامەی ڕاستو دروستی خوایە زەحمەت نەدابێت خۆ پێشوانی ئێوە ئەوەندە مەترسیان بەسەردا دەهات خەریك بوو نائۆمید بنو دەیان وت: ئاخۆ کەی یارمەتی خوامان بۆ بێت. خواش دەفەرموێ: ئاگادار بن کە یارمەتی خوا نزیکە چونکە پاشە ڕۆژ بۆ مرۆڤی پارێزکارە ئەوان هەرچی بکەن چەند ساڵێکەو دوایی دێت تەنها ئەوکەسە دەیباتەوە کە تەقوای هەبێتو لە خوای خۆی بترسێت. لەم بارەیەوە بوخاری لە خەبابی کوڕی ئەرتەوە ئەم فەرموودەی پێغەمبەرمان ﷺ بۆ باس دەکات کە دەڵێ وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا بۆ داوای یارمەتیمان بۆ ناکەیت بۆ ناپاڕێیەوە لە خوا بۆمان؟ پێغەمبەری ئازیز ﷺ فەرموی: {بە ڕاستی هەندێ لە خاوەن باوەڕانی پێش ئێوە بە مشار ئەکران بە دوو لەتەوە وازیان نەدەهێنا لە ئایینەکەی خۆیانو بە شانەی ئاسن گۆشتەکانیان لە ئیسقانەکانیان، دا دەماڵین بەڵام ئەوان هەر سور دەبون لەسەر بیرو باوەڕی خۆیان لە پاشان فەرموی بە ﷲ قەسەم، ﷲ ئەم دینە سەردەخات بە شێوەیەك کە سوار لە سەنعاوە بۆ حەزرەمەوت دەڕوات هیچ ترسێکی نیە بێجگە لە ترسی خواو ترسی گورگ لە حەیوانەکانی بەڵام ئێوە پەلە دەکەن، وەدەیان ئایەتی تر لەم مانایەدا هەیە وەك ئایەتی (١-٢) عەنکەبوتو ئایەتی (٣٨-٣٩) مەعارج. ئینجا ﷲ کە ئەم بوونەوەرەی ڕامو گەردەن کەچ کردووە بۆمانو کردوینی بە خاوەنێکی کاتی لەم ژیانەدا. مافی خۆیەتی کە ئامۆژگاریمان بکات لە هەمو بوارەکانی ژیان دا چ ژیانی تاکیو چ ژیانی کۆمەڵی جا وا لێرەدا باسی خەرج کردنمان بۆ دەکاتو ئەو کەسانەمان پێشان دەدات کە پێویستە ماڵی خۆمانیان بۆ سەرف بکەینو دەفەرموێ:

(٢١٥) پرسیارت لێ دەکەن کەچ شتێك ببەخشن؟ بڵێ: ئەوەی کە دەیبەخشن لە ماڵ با بیدەن بە دایكو باوکیان با بیدەن بە خزمی نزیکیانو بە هەتیوانو نەدارانو ڕێبوارانو هەر ئیشێکی چاك کە ئێوە دەیکەن هەرچەند بچوكو کەم بێت خوا پێی دەزانێتو ون نابێت، ئینجا ئەوان پرسیارەکەیان بە جۆرێك کردووە بەڵام وەڵامەکەی بە جۆرێکی تر

كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟
شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ
وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ (٢١٦) يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ
ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ۖ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ
وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ
عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ ۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمْ
حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَٰعُوا۟ ۚ وَمَن يَرْتَدِدْ
مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ
أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ
هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ (٢١٧) إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ
هَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ
ٱللَّهِ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٢١٨) ۞ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ
وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ
أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا ۗ وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ ٱلْعَفْوَ ۗ
كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ (٢١٩)

درایەوە ئەوان دەڵێن چ شتێك ببەخشین خوا دەفەرموێ: ببەخشن بەو کەسانە، واتە: وەڵام هی ئەم پرسیارە نیە، بەڵێ ڕاستەو ئەمەش جۆرێکە لە وەڵام دانەوەو بە پێ زانینی ڕەوان بێژی (البلاغه) پێی دەوترێت ڕەوشتێکی دانایانە (الاسلوب الحکیم) واتە: ئەم وەڵامە چاك بوو پرسیاری بۆ بکەیتو ئەمە بە کەڵکە بۆت کەلەپێشدا وەڵامی پرسیاری مانگی یەك شەوەش،هەربەم شێوە بو گرنگ ئەوەیە بزانین لە کام ڕێگاوە پارەکەت بە کار بهێنیتو ماڵەکەت سودی هەبێ بۆت..دەڵێن مەیمونی کوڕی مەهران کە زانایەکی پایە بەرز بوو جارێك ئەم ئایەتەی خوێندەوەو وتی: ئا ئەمەیە جێگای ماڵ خەرج کردن ئیتر کەی باسی تەپڵو زڕناو وێنەی دارو لیباس دیواری تێدایە؟! بەداخەوە ،ئەوقسەبەنرخانە لەلای موسڵمانانی ئەمڕۆ کاتی بەسەر چوە؟!!
ئینجا لە دواییدا ﷲ وەڵامی پرسیارەکەی بە چەشنی خۆی دەداتەوەو دەفەرموێ: هەرچی دەبەخشن لە ماڵ ﷲ ئاگادارە لێی هەروەك دەفەرموێ:﴿ هەرکەس بە ئەندازەی زەڕەیەك چاکە بکات دەیبینێتەوەو بە ئەندازەی زەڕەیەکیش خراپە بکات دەیبینێتەوە﴾ زەلزەلە ٧-٨) جائەگەر

یەکەمی بە پاشگەز بوونەوەو شیرك‌و دووهەمی بە تەوبە هەڵنەوەشاندویەتەوە پاداشی یەکەم‌و سزای دووهەم چاوەڕوانیەتی. ئینجا ﷲ سەنگەرە بەرزەکەی ئیسلاممان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(٢١٦) فەرز کراوە لەسەر ئێوەشەڕ کردن. (قتال) بە مانای شەڕە بەڵام جیهاد دەگونجێت بۆ شەڕو غەیری شەڕ هەرچەندە جیهادیش لە شەرعدا هەر بە مانای قیتالە، واتە: شەڕ کردن لەسەر دینی خواو گیان فیدایی بۆ پاراستنی دینی خوا پێویستە لە سەرتان هەرچەند ئەوشەڕەتان پێناخۆشە بەڵام نزیکە ئەو شتەی کە ئێوە پێتان ناخۆشە قازانج بێت بۆتان چونکە لە شەڕکردندا زۆر جار سەرکەوتن هەیە بە سەر ستەمکارانداو دەستکەوتنی سامان‌و دەرکردنی دوژمن دەبێت‌و دەبن بە خاوەنی هێزو دەسەڵات‌و بە ئازادانە بیرو رای خۆتان رادەگەیەنن، وە نزیکە ئێوە شتانێکتان بەلاوە خۆشەویست بێت کەئەوە زیانی تێدا بێت بۆتان، دانیشتنتان بەلاوە چاکە بەڵام پاش کەمێك ستەم کاران پەکتان دەخەن‌و وەك بەندەیەك کاروباری خۆیانتان پێ ئەنجام دەدەن‌و لە ئازادی بیرو باوەڕیش بێ بەشتان دەکەن، جا ئایا کەمێ سەختی‌و عومرێك سەربەرزی باشە یان کەمێ ئیسراحەت‌و تەمەڵی‌و عومرێك سەرشۆڕی؟ ئیتر با سزاو تۆڵەی پاشە رۆژیش بێتە سەری هەر بۆیە پێغەمبەری مەزن ﷺ دەفەرموێ: {إِذَا تَبَايَعْتُمْ بِالْعِينَةِ وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ وَتَرَكْتُمْ الْجِهَادَ سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ / ابوداود، صححه الألباني/ هەرکاتێك مامەڵەی عینەتان کردو دەستان گرت بە کلکی مانگاوەو رازی بون بە کشت‌وکاڵ‌و وازتان لە جیهاد هێنا ﷲ سەرشۆڕیەکی وا زاڵ دەکات بەسەرتاندا کە لای نابات هەتا نەگەڕێنەوە بۆ جیهاد} مەبەست لە مامەلەی عینە ئەوەی کە کرینی شتێك بۆ ماوەیەکی دیاری‌و فرۆشتنەوەی بە هەمان کەس بە حازر بە نرخێکی کەمتر، لەم فەرمودەشدا پێغەمبەرمان جیهاد بە دین ناو دەبات چونکە بەراستی دین بە تەواوی سەقامگیر نابێت مەگەر بە جیهاد ، وە لە فەرمودەیەکیتردا هاتوە کە رۆژێك دێتە پێشەوە وەکو لاکی حەیوانێك

دەکەون‌و دین دوژمنان وەك داڵ دادەبەزنە سەرتان، عەرزیان کرد ئەی پێغەمبەری خواﷺ لە بەر کەمی وامان لێ دێت فەرموی نەخێر زۆرن بەڵام وەك بڵقی سەردەریان، لە رەواڵەتدا تەواون بەڵام لە ناوەڕۆك‌و بیرو باوەردا بۆشن‌و وەهنتان تێدایە، عەرزیان کرد وەهن چیە؟ فەرموی: ئێوە زۆر دنیاتان خۆش دەوێت‌و پێتان ناخۆشە بمرن جا هەر کاتێك واتان لێ هات ئیتر دوژمن زاڵ دەبێت بە سەرتان دا. هەروەکو ئەمڕۆ دەبینین کە ژمارەی موسڵمان یەك ملیاردو نیو زیاترە، بەڵام یەك حکومەتی خوامان نیە چونکە وەهنمان هەیە جا هەمومان دنیامان خۆش دەوێت‌و دەترسین بمرین نە خۆمان دەناسین‌و نە دەوروبەری خۆمان بۆیە ﷲدەفەرموێ: ﷲدەزانێت ئێوە نازانن واتە ﷲعالمەو دەزانێت چی باشە بۆمان‌و چی زیانی هەیەو پێویستە بزانین کە گەورەترین‌و بە نرخ ترین شت بۆ خاوەن باوەڕان جیهادە لە رێگای خوادا بۆیە خوا فەرزی کردوە لە سەرمان. هەروەها دەفەرموێ:

(٢١٧) هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە دەڵێن: پێغەمبەری خوا ﷺ جەماعەتێکی ناردو نامەیەکی بە یەکێك لەوان کەناوی عەبدولاّ ی کوڕی جەحش بوو داو فەرموی: بڕۆو ئەم نامەیە مەکەرەوە هەتا دەگەیتە (ناوچەی مەلەل) لەوێ نامەکە بکەرەوەو زۆر لە هیچ کام لە هاوەڵەکانت مەکە ئەویش چەند کەسێکی لەگەڵ خۆی برد هەندێك دەڵێن: بە خۆیەوە حەوت کەس بوون‌و چون تا ناوچەی مەلەل‌و نامەکەی سەیر کرد کە پێغەمبەری خوا ﷺنووسی بوو برۆ تا دەگەیتە (بطن النخلة)و ئاگات لە هەواڵەکانی قورەیش بێت هەر کەس بێت بە ئیختیاری خۆی لەگەڵ تۆدا با بێت و هەر کەسێکیش نایەت با بگەڕێتەوە هەمویان خۆیان سەرپشکن، ئینجا لەو جەماعەتە پێنج کەسیان لە کاتی نامە خوێندنەوەکەدا حازر بوون بەڵام دوو کەسیان کە سەعدی کوری ئەبی وەقاس‌و عوتبە بوون وشتریان لێ ون ببوو چون بە شوێنیدا تا بەحران کە کانگەیەکە لە حیجازدا ئەوانی تر چون لەگەڵ فەرماندەکەیان داو کاتێ گەیشتنە ئەو جێگایە قافڵەیەکی قورەیش هات‌و ئاخیر رۆژی مانگی جمادی دووهەم‌و سەرەتای رەجەب بوو کە

مانگێکی حەرامەو نابێت شەڕی تێدا بکرێت لە بەر ئەوە ئەو کۆمەڵە بەرێزە بە ئاخیری مانگی جماد یان زانیو هێرشیان کردە سەر قافڵەکەو یەکێکیان بە ناوی عەمری حەزرەمی یەوە کوشتو دوانیشیان بە ناوی عوسمانی کوڕی عەبدوڵاو حەکەمی کوری کیسانیان لەگەل قافڵە کەدا بە دیل گرتو هێنایانەوە خزمەتی پێغەمبەرﷺ، جا پێغەمبەرﷺ نە قافلەکەو نە ئەسیرەکانی لێ وەرنەگرتن، واتە: ناڕازی بوو بەو شەڕە ئەمەش تینێکی زۆری کردە سەر ئەو کۆمەڵە بەرێزەو زۆر دڵتەنگ بوون خوای خاوەن سۆز ئەم ئایەتەی رەوانە کردو فەرمویء پرسیارت لێ دەکەن لە بارەی مانگی حەرامەوە بڵێ: شەڕ کردن لەو مانگەدا زۆر گەورەیە بەڵام ڕێگا گرتن لە بڵاو بونەوەی ئایینی خواو بێ باوەڕ بوون بە خواو ڕێگا گرتن لە (مسجد الحرام)و دەرکردنی خەڵکەکەی کە پێغەمبەرو یارەکانی بون ئەمانە گەورەترن لە لای ﷲ، لە شەڕ کردن لەو مانگانەدا، واتە: ئێوە ئەو هەمو تاوانانەتان کردوە هێشتا رەخنەش دەگرنو موسڵمانان بە تاوانبار دەزانن؟! سەرباری ئەو هەمو تاوانانەیش ئێوە موشریکنو شیرکەکەی ئێوە گەورەترە لە کوشتن، واتە تاوانی هاوبەشی دانان بۆ ﷲلە کوشتن گەورەترە. بەڵێ ئەو تاوانبارانە ئەو هەمو عەیبەی خۆیان نابینن هەروەك ئەمڕۆ کە کابرا ئارەق دەخواتەوەو قومار دەکاتو دەیان کرداری پیسی تر ئەنجام دەدات بەڵام ئەگەر عەیبێك بەموسڵمانێکەوە ببینێت زوو دەیکات بە قاڵە لە سەریو دنیای لێ پڕ دەکات ڕۆژانە سەدان کەس بە بێ تاوان بە دەست ستەم کارانەوە دەکوژرێتو کەس باسی ناکات بەڵام ئەگەر موسڵمانێك تاوانبارێك لەتوڵەی خۆیدا بکوژێت هەر زۆر زوو بە تیرۆریستو تۆقێنەر ناو دەبرێتو بە دەیان زمان باس دەکرێتو سەدان لاپەڕەی لەسەر رەش دەکرێتەوە؟! بەراستی ئەمەیە "بانێکەو دوو هەوا"

بەڵێ لە پاش هاتنی ئەم ئایەتە پێغەمبەر ﷺ قافڵەکەی دابەش کرد بەسەر ئەوکۆمەڵە یارە بەرێزانەداو قورەیشیش هاتن بۆ بەردانی دوو گیراوەکەیان بەڵام پێغەمبەر ﷺ بەوانی تەسلیم نەکرد چونکە ئەو دوو نەفەرەی کە چوو بوون بە دوای حوشترەکەیان دا هێشتا نەگەڕابوونەوە فەرموی: تا ئەو دووکەسانەمان نەگەڕێنەوە نایان دەینەوە ئەگەر ئەو دووانەتان شەهید کرد بێت ئێمەش لە تۆڵەی ئەوان دا ئەم دوو نەفەرە دەکوژین. لە پاشدا ئەو دوو یارە بە سەلامەتی گەڕانەوەو پێغەمبەریشﷺ دوو گیراوەکەی بەرەڵا کرد، بەڵام حەکەم ناوەکەیان موسڵمان بوو لە پاشدا لە سریەی (بیری معونة)دا شەهید کراو عوسمان ناوەکەیان بە کافری رۆیی، ئینجا خوای زاناو کاربەجێ دڵپیسیو نیەت خراپی بێ باوەڕانمان بۆ ئاشکرا دەکاتو دەفەرموێ: بێ پسانەوە کافران شەڕتان لەگەڵدەکەن تا ئەو کاتەی پەشیمانتان دەکەنەوە لە بیرو باوەڕتان ئەگەر توانایان هەبێت واتە هیچ کاتێك بێ شەڕ نابن لەگەڵتان دا ئەگەر توانایان هەبێت ئەوەتا ئێستا دەبینین کە دەیان بەرەیان دژی موسڵمانان کردۆتەوەو بە دەیان ڕێگایان گرتوەتە بەر بۆ لە ناو بردنی ئایینو سڕینەوەی لە دڵو مێشکی خاوەن باوەڕان دا لە دروست کردنی دەستەو پارتو ڕێکخراوی جۆراوجۆری دوژمن بە یەکی دژی ئایین، تا رادیۆو تەلەفزیۆنو رۆژنامەو گۆڤاری رەنگاورەنگ بۆ فریو دانو هەڵخەڵەتاندنی رۆڵەی موسڵمانان لە ئایینو بیرو باوەڕیان دا، پێویستە ئەوەش بزانین کە ﷲ هیچ زیانێکی پێ ناگات بەڵکو مرۆڤ خۆی زیان دەکات ئەوەتە ﷲدەفەرموێ: هەر کەسێك لە ئێوە لە بیرو باوەڕو ئایینی خۆی پاشگەز ببێتەوەو بە کافری بمرێت ئەوانە هەمو کردارە چاکەکانیان هەڵدەوەشێتەوەو بۆ هەمیشە لە ناو ئاگری دۆزەخ دا دەبن. لە پاشدا ﷲ باسی ئەوانە دەکات کە جیهاد دەکەن بۆ بەرز کردنەوەی وشەی خوداو دەفەرموێ:

(٢١٨) ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کۆچیان کردووەو جیهادیان کردوە لە بەر خاتری خواو مەبەستیان تەنها بەرز کردنەوەی وشەی ﷲ بوە ئەوانە چاوەڕوانی سۆزو رەحمەتی خودانو خودایش زۆر لێخۆش بوو بە سۆزە سەبارەت بە بەندەکانیو ناگونجێ ئەوانە لەو لێبووردنو سۆزەی ﷲ بێ بەش ببن.

کۆچ دوو مانای هەیە.یەکەم کۆچ کردن لە وڵاتو جێگای دانیشتن لە بەر ﷲ. دووهەم وازهێنان لە تاوانو گوناح

وەکو پێغەمبەرمان ﷺدەفەرموێ: {إِنَّ الْمُهَاجِرَ مَنْ هَجَرَ مَا نَهَى اللَّهُ عَنْهُ/ احمد، النسائي، صححه الالباني/ کۆچ کەر ئەو کەسەیە کە واز بهێنێت لەو شتانەی کە خودا قەدەغەی کردوون} کە مانای یەکەم مەبەستی سەرەکی ئایەتەکەیەو جیهادیش دیسان دوو مانای هەیە لە زمانەوانیدا بە مانای کارو کۆشش‌و تەلاشە بەڵام لە شەرعدا مەبەستی شەڕ کردنە بۆ بەرز کردنەوەی ئایینی ئیسلام کە مانای دووهەم مەبەستەو لە تەواوی قورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەرداﷺ بەم مانایە هاتوە بێجگە لە چەند جێگایەکی کەم کە بە مانای زمانەوانی هاتوە. ئینجا ﷻدەفەرموێ:

(٢١٩) پرسیارت لێ دەکەن لە بارەی عارەق‌و قومارەوە بڵێ:

لەم دوانەدا گوناهێکی گەورە هەیەو سوودیشی هەیە بۆ خەڵك جاری وا هەیە کابرا قومار دەکات‌و دەیباتەوەو قازانج دەکات‌و کابرای عارەق خۆر کەمێ هۆشی خۆی لە دەست دەدات‌و دەحەسێتەوە عارەق فرۆشیش سودێکی دەست دەکەوێت بەڵام گوناهەکەیان گەورەترە لە سوودەکەیان، ئەم دوانە قەدەغە کردنیان بەچەند جاربووەو ئایەتەکانی بە قۆناغ قۆناغ هاتوەتە خوارەوە چونکە لەو سەردەمەدا هێشتا عارەق‌و قومار بە تەواوەتی حەرام نەکرا بون‌و خەڵك زۆر عادەتیان کرد بو بە عارەق‌و قومارەوە، تەنانەت دەڵێن: ئیمامی عومەر مەشهور بو بە (عمر الخمار) چونکە هەمیشە عارەقی دەخواردەوە ئینجا کاتێ کە یەکەم ئایەت دابەزی کەﷻدەفەرموێ: ﴿ ئێوە لە خورماو ترێ رزقی جوانتان دەست دەکەوێت لەگەڵ مادەی بێهۆشی کەردا﴾ وتی: مادام ﷻ مادەی بێهۆشی جیا کردۆتەوە لە رزقی جوان دیارە مادەی بێهۆشی رزقی جوان نیە ئیتر ترسی لێ نیشت‌و وتی: خوایە بەیانێکی شافی‌و کافی لەم بارەوە بنێرە تا بزانم حەڵاڵە یان حەرامە ئینجا ئایەت دابەزی کاتی لێ کەم کردنەوەو فەرمووی:﴿ نزیکی نوێژ نەکەونەوە کاتێ کە سەرخۆشن﴾

ئاشکرایە نوێژ واجبەو ناتوانن وازی لێ بهێنن دەی ئیتر نەیان دەتوانی پاش نیوەڕۆ عارەق بخۆنەوە چونکەتا عەسر بە سەرخۆشی دەمانەوە،وە نەیان دەتوانی پاش عەسر بی خۆنەوەچونکە بۆ مەغریب هەر بە سەرخۆشی دەمانەوەو نەیان دەتوانی دوای مەغریبیش بخۆنەوە چونکە بۆ عیشا هەر بە سەرخۆشی دەمانەوە جابەم شێوەیە تەنها بەینی عیشاو بەیانیان بۆ مایەوە بۆ عارەق خواردنەوەو کاتیان کەم بویەوە ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە هەندێکیان بۆ هەمیشە وازی لێ بهێنن بەڵام دڵە گەرم‌و گوڕەکەی عومەر هەر ئاوی نەخواردەوەو هەر دوعای دەکرد، ئەی خوایە بەیانیەکی شافی‌و کافیمان بۆ بنێری تا بزانم حەڵاڵە یان حەرامە ئینجا پاش ماوەیەك ئایەتی (٩١،٩٠) لە سورەتی مائیدە دابەزی کە دەفەرموێ:﴿ئەی باوەڕداران عارەق‌وقومارو بت پەرستی‌و ئەنجامدانی کاربەهۆی ئەو بۆچونە تایبەتیەوە بەهەڵدانی تیرەکان(تیر وپشك) پیسیەکن لەپیسییەکانی شەیتان سا وازی لێ بهێنن بەڵکورزگار ببن﴾

جا کە ئەم دوو ئایەتە دابەزی پێغەمبەرﷺ فەرموی عومەرم بۆ بانگ بکەن، ئەم دوو ئایەتەی بۆ خوێندەوە کە گەیشتە ئاخیریان عومەر وتی: ئەی پەروەردگارمان وازمان هێنا، ئەی پەروەردگارمان وازمان هێنا، لە پاشدا پێغەمبەری خواﷺ چووە ناو یانەکانیانەوەو ئەم دوو ئایەتەی بۆ خوێندنەوە، جاری هی وا هەبو کە بە سەر لێویەوە بو هی وا هەبو کەبە دەمیەوە بو هی واش هەبو کە نیوەی خواردبویەوە کاتێك کە ئایەتەکەی بۆ خوێندنەوە هەمویان رژاندیان، تەنانەت دەڵێن: ئەو رۆژە ئەوەندە عارەق رژا لە مەدینەدا کۆڵانەکانی مەدینەوەك لافاوی لێ هەڵنیشتبێ واچاوی دەدا. بەڵێ‌خاوەن باوەڕانی راستەقینە ئاوەها پەیڕەوی فەرمودەی خواو پێغەمبەرەکەیانﷺ دەکرد کاتێ کە پێیان ئەوترا فلانە شت مەکەن بێ سێ‌و دوو ئەمرەکەیان جێ بە جێ دەکرد بەڵام ئێمە هەزاران ئەحکام‌و فەرمودەی پێغەمبەر ﷺدەزانین‌و گوێشی پێ نادەین‌و خۆیشمان بە موسڵمان دەزانین؟! لێرەدا جێگای سرنجە کە زیانەکەیان زیاترە لە سودەکەیان بەڵام نەیفەرموە زیان فەرمویەتی گوناهەکەیان زۆرترە، بۆ؟ تا تێمان بگەیەنێت کە هەر شتێك زیانی هەبێت گوناهە بۆ نمونە، کابرای جگەرە کێش جگەرە زیانی هەیە بۆی جا هەر کاتێ کە جگەرەی خوارد دەتوانی پێی بڵێیت:

ئەوکارەت گوناهە چونکە هەر شتێك زیانی هەبێت گوناهە بە کار هێنانی ئەوەتە خوا لە باتی زیان، گوناهی ناو بردوە﴿ وَإِثۡمُهُمَآ أَكۡبَرُ مِن نَّفۡعِهِمَا ﴾ گوناهەکەیان گەورەترە لە سوودەکەیان، دیسان ﷻوەڵامی پرسیارێکی تری دەداتەوەو دەفەرموێ: پرسیارت لێ دەکەن ئەی محمد چ شتێك ببەخشین ﷻدەفەرموێ: بڵێ: ببەخشن ئەوەی کەلێتان زیادە لە راستی دا ئەوان پرسیاری جۆری شتەکانیان لە پێغەمبەرﷺ کردوە بەڵام خوا وەڵامی چەندایەتیان ئەداتەوە بۆ؟ چونکە حەق وایە پرسیار بکەن چەندێك ببەخشین نەك بڵێن چی ببەخشین، واتە: گرنگ لە جۆری بەخشینەکە نیە بەڵکو گرنگ لە چەندی بەخشینەکەیە کەئەمە وەك زانیوتە ئوسلوبی حەکیمی پێ دەوترێت، واتە: ئەو کابرایە زۆر لێزان نیە پرسیاری کردوە بەڵام کابرای پرسیار لێکراو حەکیمو لێ زانە جوابی ئەداتەوە بە شێوەیەکی وا کە سودی هەبێت بۆی، چونکە جواب دانەوەی سوئالەکەی خۆی بێ سوودە، واتە: خاوەن باوەڕان باش وایە هەر شتێك لە خۆیان زیادە بیبەخشن. هەر ئاوەها بەم شێوەیە ﷻ بەیانی نیشانەکانی خۆی دەکات بۆتان بەڵکو ئێوەش بیر بکەنەوەو سودیان لێ وەرگرن.

٢٢٠ هەم لە بارەی دنیاوەو هەم لە بارەی ئاخیرەتەوە، واتە: هەم بۆ ئەم ژیانەی خۆتان بیر بکەنەوەو هم بۆ قیامەتتان. ئەڵبەتە ئایینی ئیسلام مەنعی ئەوە ناکات کە مرۆڤ ماڵو سەروەتی حەڵاڵی ببێت بەڵام بەو مەرجە حەقە شەرعیەکانی لێ دەربکاتو لە رێگای شەرعیەوە بە دەستی بهێنێت پێغەمبەر ﷺ ئەو نۆ خێزانەی هەبو کە خاتون عائیشە دەڵێ: سی مانگی ئاسمانم دیت کە ئەکاتە دوو مانگی تەواو لە ماڵی پێغەمبەردا ﷺ کە نۆ خێزان بوون ئاگر نەکرایەوە. ئینجا دەڵێ: هەر ئاوو خورمامان دەخوارد. ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێك خورمای وشكو فرێ دراوی دیتەوە کە عەباسی ئامۆزای لەگەڵدا بوو منداڵ بو فەرموی: بخۆ وتی: من تێرم. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {من دوو رۆژە هیچم نەخواردووە} ئینجا ئەو خورمانەی پاك دەکردەوەو دەیخواردن. لەحاڵێکدا ئەگەر داوای لەخوابکردایە نەك چیا

فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۗ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡيَتَٰمَىٰۖ قُلۡ إِصۡلَاحٞ لَّهُمۡ
خَيۡرٞۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ ٱلۡمُفۡسِدَ مِنَ
ٱلۡمُصۡلِحِۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعۡنَتَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٢٢٠
وَلَا تَنكِحُواْ ٱلۡمُشۡرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤۡمِنَّۚ وَلَأَمَةٞ مُّؤۡمِنَةٌ خَيۡرٞ
مِّن مُّشۡرِكَةٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَتۡكُمۡۗ وَلَا تُنكِحُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَتَّىٰ
يُؤۡمِنُواْۚ وَلَعَبۡدٞ مُّؤۡمِنٌ خَيۡرٞ مِّن مُّشۡرِكٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَكُمۡۗ أُوْلَٰٓئِكَ
يَدۡعُونَ إِلَى ٱلنَّارِۖ وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ وَٱلۡمَغۡفِرَةِ بِإِذۡنِهِۦۖ
وَيُبَيِّنُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ٢٢١ وَيَسۡـَٔلُونَكَ
عَنِ ٱلۡمَحِيضِۖ قُلۡ هُوَ أَذٗى فَٱعۡتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلۡمَحِيضِ
وَلَا تَقۡرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطۡهُرۡنَۖ فَإِذَا تَطَهَّرۡنَ فَأۡتُوهُنَّ مِنۡ حَيۡثُ
أَمَرَكُمُ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ ٢٢٢
نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡۖ وَقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُمۡۚ
وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ
٢٢٣ وَلَا تَجۡعَلُواْ ٱللَّهَ عُرۡضَةٗ لِّأَيۡمَٰنِكُمۡ أَن تَبَرُّواْ
وَتَتَّقُواْ وَتُصۡلِحُواْ بَيۡنَ ٱلنَّاسِۚ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ٢٢٤

بەڵکو خاکی بۆدەگرد بەزێڕ وەك لەئەسەردا هاتوەکە: ئەی محمدﷺ ئەگەر بتەوێت کێوی ئوحود کە چیایەکی گەورەیە دەیکەم بە زێڕو لەگەڵیشدا بگەڕێتو زەحمەتی هەلگرتنیشی پێوە نەکێشی کەچی پێغەمبەر ﷺ شانازی بە فەقیرییەوە دەکات، بەڵێ با مرۆڤ هەندێك لە بارەی دنیاوە هەوڵ بدات بۆ دنیا بەڵام بەو شێوەیەو بەو رێگایەی کە شەرعیەو ئەوەی کە هەیەتی دیسان بە گوێرەی شەرع سەرفی بکات، پێویستە مرۆڤ ژیرانە بیر لە دنیا بکاتەوە مشوری بخوات ئەگەر بیر بکەیتەوە ژیانەکەت لە دنیادا حەفتا هەشتا ساڵێکە بەڵام ژیانی قیامەت بە مەلاین ساڵە بەڵکو هەر نابڕێتەوە، کەواتە حەقە مرۆڤ بە گوێرەی ئەو دوو ژیانە هەوڵ بدات کە چی بۆ ئەو ژیانە کورتەی دنیا چەند خۆمان ئەزیەت دەدەین بەڵام بۆ ئەو ژیانە درێژەی قیامەت هیچ خەفەت ناخۆین چاکیش بزانە پاداشتی ئەو دنیایە بە گوێرەی کرداری ئەم دنیایە جارێکی تریش ﷻلە وەڵامی پرسیارێکی تردا دەفەرموێ:

پرسیار دەکەن لە تۆ لە بارەی هەتیوانەوەو دەڵێن چی بکەین لەگەڵ هەتیوان داو چۆن لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکەین؟

بلێ: ئەگەر ماڵی خۆیان جیا بێت چاکەو ئەگەر ئێوە خواردنو خواردنەوەتان تێکەڵاو بە هەتیوان بکەن براتانن‌و خراپ نیەو خوا دەزانێت گەنەکار کێیەو چاکە کار کێیەو دەزانێت کێ بە نیەتی خراپ تێکەڵاو بە هەتیوان دەبێت‌و دەیەوێت ماڵ‌و سەروەتەکەیان بخوات‌و کامیان بە نیەتێکی چاك تێکەڵاویان دەبێت کەواتە تێکەڵاو بون بە هەتیوان بە گوێرەی نیەتی خۆتانە. ئەوە بوو کاتێ کە ئایەتی﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ ﴾ الأنعام: ١٥٢ وە ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَـٰمَىٰ ... ﴾ النساء: ١٠. دابەزی، ئەوانەی کە هەتیویان لا بوو زۆر ترسیان لێ نیشت‌و خواردن‌و خواردنەوەی هەتیوەکانیان جیا کردەوە لە خۆیان‌و ئەگەر شتێکیان لێ بمایەوە بۆیان هەڵدەگرتن زۆر جار ئەو شتانە خەسار دەبوون ئیتر نەیان دەزانی چۆن بکەن‌و خزمەتکردنی هەتیویان بە لاوە زۆر سەخت بوو. ﷲ ڕێنمایی کردن‌و ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە بۆیان‌و تێیگەیاندن کە ئەم تێکەڵاو کردنە هیچ تاوانێکی تێدا نیە ئەگەر ئەوان مەبەستیان باش بێ خواش ئاگاداری مەبەستی ئەوانەو دەزانی کێ مەبەستی باشەو کێ مەبەستی خراپەو دەیەوێت زیان بە هەتیوان بگەیەنێت بەم شێوەیە باری سەرشانیانی ئاسان کردن، دەبێ ئەوانیش سوپاسی خوا بکەن چونکە خوا دەیتوانی بڵێ نابێ تێکەڵاوی بکەن‌و نابێ بەخێویشیان نەکەن بۆیە فەرموی: ئەگەر خوا ئارەزۆی لێ بوایە ئێوەی دەخستە زەحمەتەوە. بە ڕاستی ﷲ خاوەنی دەسەڵاتەو ئیشەکانیشی بە حیکمەتن واتە دەتوانێت تۆڵە لە ئێوە بستێنێت ئەگەر خراپە بکەن. وشەی(عَنَت)واتە ئێش‌و ئازاروسەختی،

(٢٢١) هەرگیز ئافرەتانی بت پەرست‌و هاوەڵ دانەر نیکاح مەکەن هەتا باوەڕ دێنێت وکەنیزەیەکی خاوەن باوەڕ باشترە لە ئافرەتێکی ئازادی بت پەرست‌وهاوەڵ دانەر هەرچەند ئەو ئافرەتە هاوەڵ دانەرەتان بە لاوە زۆر جوان بێت، واتە: نیکاحی ئافرەتی موشریك دروست نیە بۆ پیاوی موسڵمان مەگەر واز لە شیرك بهێنێت‌و تەوبە بکات. وە دەفەرموێ: ئافرەتی موسڵمان نیکاح نەکەن لە موشریك ئەگەر چی پیاوانێکی جوان بن بەلاتانەوە، واتە: نە دروستە موشریك بخوازین وە نە دروستە ئافرەت بدەین بە موشریك، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئافرەت ناتوانێت بە بێ سەرپەرشت خۆی نیکاح بکات چونکە دەفەرموێ: نیکاحی نەکەن بۆ موشریك کەوا بوو ئافرەتەکە خۆی ناتوانێ خۆی نیکاح بکات ئەم ڕایە ڕایەکی پەسەندە چونکە لەگەڵ ڕواڵەتی ئەم ئایەتەدا هاوتا دێتەوەو دیسان لە فەرمودەی پێغەمبەر داﷺ هاتوە کە دەفەرموێ: {لَا نِكَاحَ إِلَّا بِوَلِيٍّ وَشَاهِدَيْنِ/ الطبراني. صححه الالباني/ نیکاح دروست نیە مەگەر بە سەرپەرشتێکی نێرینەو دوو شایەت. ئینجا ﷲ دەفەرموێ: بەندەیەکی باوەڕ دار باشترە کەکچی خۆتان یان خوشکی خۆتانیان لێ نیکاح بکەن. نەك ئەو موشریکە هەرچەند پیاوێکی جوان‌و دەوڵەمەندو خاوەن دەسەڵات‌و شوهرەت بێت.

نابێ ئەوانە بتان خەڵەتێنێت چونکە ئەوانە خەڵکی بانگ دەکەن بۆ ناو ئاگری جەهەننەم بەڵام ﷲ بانگتان دەکات بۆ بەهەشت وە لێخۆش بون بە ئیزنی خۆی. کەواتە ئەمانە دوو ڕێبازی جیاوازن کابرای باوەڕ دار بەرەو بەهەشت‌و بەرەو ڕەزای خوا دەڕوات بەڵام کابرای موشریك بەرەو ئاگری جەهەننەم‌و ڕقی خوا دەڕوات. پێویستە ئەوەش بزانرێت کە نوێژ نەکەر لە ڕیزی موشریکاندایەو تا تەوبەنەکات نە نیکاح دەکرێ‌و نەنیکاحیشی بۆ دەکرێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ وَالْكُفْرِ تَرْكُ الصَّلَاةِ/ مسلم وغيره/ ئەو سنورەی کە لە نێوان پیاوی باوەڕدارو شیرك‌و کوفردا هەیە واز هێنان لە نوێژە} ئیتر کەی ڕەوایە ببیت بە هاوبەشی جەهەننەمی یان کچ‌و خوشکت بکەیت بە هاوبەشی جەهەننەمی؟! جا ﷲ نیشانەکانی خۆی بەیان دەکات بۆ خەڵك بەڵکو بیر بکەنەوە.

لێرەدا ئەگەر بڵێن: بۆ ئێمە دەتوانین ژنانی ئەهلی کتێب مارە بکەین بەڵام نابێ ئێمە ژن بەوان بدەین؟

دەڵێین: ژنانی ئەهلی کتێب عەقیدەیان پارێزراو ئەبێت لای ئێمە بەڵکو هەر کاتێ ناوی موسا یان عیسا ببەن ئێمە ڕێزیان بۆ دائەنێن‌و دەڵێین﴿علی نبیناو علیه السلام﴾ لەسەر پێغەمبەرمان‌و ئەویش سەلام بێت. هیچ بێ ڕێزیەك نە بە تەورات‌و نە بە ئینجیل ناکەین ئەگەر چی

یەقینمان هەیە کە گۆڕاون چونکە ئەسڵەکەیان لای ئێمە راستەو تا زەمانی خۆیان پەیڕەوی کردنیان واجب بوە بەڵام بە هاتنی پێغەمبەرﷺ هیچ ئاینەك لە هیچ کەس وەرناگیرێت لەدوا رۆژدا وەك لەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ﴿هەر کەسێك بێجگە لە ئیسلام هەر رێبازێکی تری هەبێت لێی وەرناگیرێتو لە رۆژی دواییدا وا لە ریزی زیانکاراندا﴾ ئالی عیمران /٨٥، بەڵام ئافرەتی ئێمە لای ئەوان رێزی عەقیدەی ناگیرێتو گاڵتە بە پێغەمبەرەکەیو قورئانەکەی دەکەن. جا ئەگەر هەروا لەسەر ئایینەکەی خۆی بەردەوام بێتماڵەکەی زیندانیەتی نە جێگای خۆشیو ئیسراحەتو ئەگەر واز لە ئایینەکەیشی بێنێت ئەوا چارە ڕەشو شەرمەندەی خودای خۆیو کەسو کاری بوە، جا ئیتر چ سودێك هەیە لەو ژنو ژنخوازیەدا؟ راستی فەرمو خوا، کە ئەوان بەرەوئاگر بانگ دەکەنو خواش بەرەو بەهەشتو چاوپۆشی لێکردن بەئیزنی خۆی بانگ دەکات. ئینجا ﷻ یاسایەکی ترمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٢٢٢) ئەی محمد ﷺ لە بارەی حەیزەوە پرسیارت لێ دەکەن بڵێ ئەوە ئازارێکە دوچاری ئەوان دەبێت جا لەو کاتەداخۆتان دوور خەنەوە لە ژنانو نزیکیان نەبنەوە بۆ جیماع هەتا پاك دەبنەوە، جا هەر کاتێ خۆیان پاك کردەوە ئەوسا لەولایەنەوە کە خوا دەستوری پێ داون لەگەڵیاندا هاوبەستەر بنو حاڵەتی ژنو مێردایەتی ئەنجام بدەن، بێگومان خوا ئەو مرۆڤانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ لایو هەمیشە تەوبە دەکەن خۆشی دەوونو مرۆڤە پاکەکانی خۆش دەوێت. بەڵێ ئافرەت لە زەمانی پێش پێغەمبەرداﷺ کە دەکەوتە عوزرەوە دەیان کردە ژوورێکی تایبەتەوەو بۆی نەبوو تێکەڵ بە کەس ببێتو خواردنیان لەگەڵدا بخوات چونکە بە پیسیان دەزانی بەڵام ئیسلام هاتو ئەو بارە قورسەی لەسەر لابردو کردنی بە خوشکی پیاوان. وەك پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {إِنَّمَا النِّسَاءُ شَقَائِقُ الرِّجَالِ/ ابوداود. صححه الالبانی/ ژنان نین مەگەر خوشکانی پیاوانوبەشێکن لێیان}

لەئەنەسەوە هاتوەکە جولەکە هەرکاتێك کە ئافرەتێکیان بکەوتایە حەیزەوە نەلەگەڵیاندا نانیان دەخوارد نەلەیەك هۆدەیشدا لەگەڵیان دادەنیشتن جا لەم بارەوە یارەکان پرسیاریان لەپێغەمبەر ﷺ کرد، جا خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ ﴾ ئەوسا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: {اصْنَعُوا كُلَّ شَيْءٍ إِلَّا النِّكَاحَ فَبَلَغَ ذَلِكَ الْيَهُودَ فَقَالُوا مَا يُرِيدُ هَذَا الرَّجُلُ أَنْ يَدَعَ مِنْ أَمْرِنَا شَيْئًا إِلَّا خَالَفَنَا فِيهِ فَجَاءَ أُسَيْدُ بْنُ حُضَيْرٍ وَعَبَّادُ بْنُ بِشْرٍ فَقَالَا يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ الْيَهُودَ قَالَتْ كَذَا وَكَذَا أَفَلَا نُجَامِعُهُنَّ فَتَغَيَّرَ وَجْهُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ حَتَّى ظَنَنَّا أَنَّهُ قَدْ وَجَدَ عَلَيْهِمَا فَخَرَجَا فَاسْتَقْبَلَتْهُمَا هَدِيَّةٌ مِنْ لَبَنٍ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَأَرْسَلَ فِي آثَارِهِمَا فَسَقَاهُمَا فَعَرَفَا أَنَّهُ لَمْ يَجِدْ عَلَيْهِمَا/ احمد. صححه الالباني / هەمو شتێکیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن تەنها جیماع نەبێت، جا ئەم قسەیە بە جوەکان گەیشتەوە ئەوانیش وتیان: ئەو پیاوە واز لەهیچ ئیشێکی ئێمە ناهێنێتو دژایەتیمان دەکات، جا ئوسەیدی کوڕی حوزەیرو عەبادی کوڕی بیشر هاتنو وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ جوەکان واو وایان وتوە ئایا لەوکاتەیشدا جیماع لەگەڵ ئافرەتانی خۆماندا نەکەین؟ جا پێغەمبەری خوا ﷺ دەموچاوی گۆڕا تاوامان گومانکرد کەلێیان عاجز بووە، جا ئەوانیش چونەدەرەوە لەو کاتەدا دیتیان کە هەندێ شیر بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ هات، ئینجا ناردی بەدوایانداو شیری پێدان جا ئیتر زانیان کەلێیان عاجز نەبوە} بەڵێ بەم شێوەیە باری ئافرەتان سوك کراو ئەوسەختیو گرانیەیان لەسەر لابرا. لە وشەی﴿ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ / هەتا پاك دەبنەوە ﴾ وادەگەیەنێت کە بەپاکبونەوەیان لەوخوینە چونە لایان دروستە، بەڵام ﴿ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ /کە خۆیان پاك کردەوە ﴾ ئەوە دەگەیەنێت تا خۆیان نەشۆرن حەقی جیماعیان نیەو ئەمەیان ئاشکراترە.

ئافرەت لەو ماوەدا بە بۆنەی ئەو خوێنەوە پاكو خاوێنی کاتی لە دەست دەدات، بۆیە پێویستە کاتی بڕانەوەی ئەو خوێنە خۆی خاوێن بکاتەوە چونکە پاكو خاوێنی ئەرکێکی گرنگی موسڵمانانە وەك پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَأُ الْمِيزَانَ

وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَآنِ أَوْ تَمْلَأُ مَا بَيْنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالصَّلَاةُ نُورٌ وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو فَبَايِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا/مسلم/ پاكو خاوێنی بەشێكە لە باوەڕ الحمدلله كێشانەی چاكە پڕ دەكاتەوەوسبحان ﷲ والحمدلله نێوانی ئاسمانانو زەوی پڕدەكەنەوە یان پڕ دەكاتەوەو نوێژ روناكیەو چاكە بەلگەیەو خۆگری رۆشناییەو قورئان یان بەلگەیە بۆت یان دژتە هەمو مرۆڤێك كە رۆژ دەكاتەوە فرۆشندەی نەفسی خۆیەتی، جا یان ئازادی دەكات یان لەناوی دەبات}ئینجا ﷲ درێژە بە باسەكە دەداتو دەفەرموێ:.

(٢٢٣) ژنەكانتان كێلگەن بۆتان، جا بچنە ناو كێلگەی خۆتانەوە چۆن ئارەزۆتان لێیە بەم كارەتان بەرهەمێكی باش پێش بخەن بۆ خۆتانو چاوەڕوانی ئەولادێكی سالح بكەن ولە خوا بترسنو بزانن بێگومان ئەگەن بە خوای خۆتانو مژدە بدە بە باوەڕداران كە پاشە رۆژێكی خۆشیان هەیە كە بریتیە لەو بەهەشتە پڕ نازو نیعمەتەی كە ﷲ دایناوە بۆیان.

هەندێ وشەی(أَنَّىٰ) یان، بەمانای (حَيثُ) لێك داوەتەوە، واتە: كابرا لە پێشەوەو لە دواوە بێت دەتوانێت لەگەڵ هاوسەری خۆیدا نزیكی بكات بەلاّم پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەیشی رۆشن كردوەتەوەودەفەرموێ: {مَلْعُونٌ مَنْ أَتَى امْرَأَتَهُ فِي دُبُرِهَا/احمد، أبوداود. حسنه الالباني/ لەعنەت لێكراوە ئەو پیاوەی كە لە پاشەوە لەگەڵ خێزانی دروست دەبێت وەك كرداری قەومی لوت} چونكە ئەو شوێنە بێجگە لەزیان هیچ بەرهەمێكی لێ پەیدا نابێت.

لەجابیرەوە هاتوە كەدەڵێ: {كَانَتْ الْيَهُودُ تَقُولُ إِذَا جَامَعَهَا مِنْ وَرَائِهَا جَاءَ الْوَلَدُ أَحْوَلَ فَنَزَلَتْ ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ /البخاري/ جولەكە دەیان وت: ئەگەر پیاو لەپاشەوەبچێتە لای خێزانی ئەوە مندالّی چاوخێلی دەبێت، جا ئەم ئایەتە دابەزی كەئەفەرموێ: ﴿خێزانەكانتان كێلگەی خۆتانەو لەو جێگایەی كە دەبێتە هۆی زیاد بونی ئەوەی ئادەمیزاد چۆنتان دەوێ سود وەرگرن﴾ }كەواتە گرنگ ئەوەیە كە لەو شوێنە دیاری كراوە نزیكی بكرێت، جا بزانن لەسەر ئەو كارەتان بێجگە لەوەی كە ئارەزۆی نەفستان دەشكێنن بە چاكەش بۆتان دەنوسرێت جاحەق وایە لەو كاتەدا یادی خوات لەبیر نەچێت، پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا أَتَى أَهْلَهُ قَالَ بِاسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبْ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا فَقُضِيَ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ لَمْ يَضُرُّهُ /البخاري/ ئەگەر هەركەس لە ئێوە چوە لای خێزانی خۆیو وتی: بسم ﷲ، خوایە دوورمان بخەرەوە لە شەیتانو شەیتانیش دوور خەرەوە لەئەوەی كە دەیكەیت بە رزقمان. جا ئەگەر خوا كردی مندالّێكیان ببێ، ئەوەشەیتان هیچ زیانێكی لێ نادات} ئینجا ﷲحوكمێكی ترمان بۆ باس دەكاتو دەفەرموێ:

(٢٢٤) سوێندەكانتان بە خوا مەكەن بە هۆی بەرگری كردن لە چاكەو پارێزكاریو بچڕانی پەیوەندی خزمایەتی، جا خوا بیسەری هەمو قسە كانتانەو زانەری هەمو ئیشەكانتانە، واتە: نەكەن سوێند بە خوا بخۆن كە چاكە ناكەین یان سەر لە فلاّنە خزم نادەین یان قسە لەگەڵ باوكو كەسو كارم ناكەم شكانی سوێندەكەو كەفارەت دانیو ئەنجام دانی ئەوانەی كە لە خۆی مەنع كردووە چاكترە تا نەشكانیو دووركەوتنەوە لە خزمانو چاكە كردن بە هۆی سوێندەكەوە. ﷲ داوای یەك بونو یەك دەستیو یەك ریزیو چاكەو پارێزكاری دەكات لە خاوەن باوەران ئیتر چۆن دەبێ ناوی ئەو زاتە بكرێت بە رێگر لەو شتە چاكانە؟! بۆیە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {وَاللَّهِ لَأَنْ يَلَجَّ أَحَدُكُمْ بِيَمِينِهِ فِي أَهْلِهِ آثَمُ لَهُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ أَنْ يُعْطِيَ كَفَّارَتَهُ الَّتِي فَرَضَ اللَّهُ/ الشيخان/واتە بە خوا قەسەم هەر كام لە ئێوە لەجبازی بكاتو زەحمەتی كەسو كاری بدات بە بۆنەی سوێند خواردنیەوە تاوانبارترە لەو كەسەی كە سوێندەكەی بشكێنێتو ئەو كەفارەتەی كە خوا فەرزی كردووە لە سەری بیدات}

لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَـٰنِكُمْ وَلَـٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ
قُلُوبُكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿٢٢٥﴾ لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ تَرَبُّصُ
أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ ۖ فَإِن فَآءُو فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢٦﴾ وَإِنْ عَزَمُوا۟
ٱلطَّلَـٰقَ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٢٧﴾ وَٱلْمُطَلَّقَـٰتُ يَتَرَبَّصْنَ
بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَـٰثَةَ قُرُوٓءٍ ۚ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِىٓ
أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۚ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ
فِى ذَٰلِكَ إِنْ أَرَادُوٓا۟ إِصْلَـٰحًا ۚ وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ
وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٢٨﴾ ٱلطَّلَـٰقُ مَرَّتَانِ ۖ
فَإِمْسَاكٌۢ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌۢ بِإِحْسَـٰنٍ ۗ وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن
تَأْخُذُوا۟ مِمَّآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ شَيْـًٔا إِلَّآ أَن يَخَافَآ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ
ٱللَّهِ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا ٱفْتَدَتْ
بِهِۦ ۗ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا ۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ
هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٢٢٩﴾ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعْدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ
زَوْجًا غَيْرَهُۥ ۗ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يَتَرَاجَعَآ إِن ظَنَّآ أَن
يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ ۗ وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٢٣٠﴾

﴿٢٢٥﴾ خوای گەورە تۆڵەتان لێ وەرناگرێت لەو سوێندەی کە بەبێ ئاگایی دێت بەدەمتاندا وەك ئەوە کەدەڵێ: ئەرێ واللە، نەواللە ئەم سوێندانە بە سوێند حیساب نابن بەڵام تۆڵەتان لێ وەردەگرێت لەسەر ئەو سوێندەی کە لە دڵەوە بڕیاری دەدەنو زمانیش ئاشکرای دەکات بەڵام ئەو سوێندەی کە بە دڵ قەراری دەدەنو بە زمانتاندا نایەت دیسان ئەوەش بە سوێند حیساب ناکرێت، ئەمەش یەکێکە لەو نیعمەتە لە ژمارە نەهاتوانەی الله هەروەك دەفەموێ: اللهلێبوردەو بە حەوسەڵەیە. کەفارەتی سوێند وەك لە سورەتی مائیدە لە ئایەتی (٨٩) دا باسکراوە بەم شێوەیە: خواردنی دەکەس بدات یان لیباسیان بۆ بکات یان بەندەیەك ئازاد بکات ئەگەر ئەمانەی نەتوانی سێ رۆژ رۆژوو بگرێت. لێرەدا اللهدوو سیفەتی باس کردوە سەبارەت بەو سوێند خواردنەمان، یەکەم: (غفور) واتە ئەگەر هاتو سوێندێکت خوارد کە لە خۆوە هات بە دەمتا یان سوێندێکت خواردوو خێر لە شکانەکەی دا بوو سوێندەکەت بشکێنەو کەفارەتی بدە. خوا بە رەحمە لە تاوانەکەت خۆش دەبێت.

دووهەم: (حلیم)ە بە حەوسەڵەیە، واتە: ئەگەر سوێندێکت خواردو حەق بوو نەیشکێنیت بەحەوسەڵە بەو خۆت بگرە. دیسان الله یاسایەکی ترمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٢٢٦﴾ بۆ ئەو کەسانەی کە سوێند دەخۆن لەگەڵ ژنەکانیان دا کە نەچنە لایان ماوەی چاوەرێ کردن چوار مانگە ئەگەر گەڕانەوەو وازیان هێناو سوێندەکەیان شکاندو کەفارەتی سوێندەکەیان داو چونە لای خێزانەکانیان، ئەوسا بێگومان الله لێ خۆش بوو بەرەحمەو لە گوناهەکەیان خۆش دەبێت.جا ئەو کەسەی کە سوێندی وەها بخوات ئەگەر بۆ ماوەی کەمتر لەچوار مانگ بو ئەوە با ماوەکە تەواو بکاتو سوێندەکەی نەشکێنێت ونابێت حاکم زۆری لێ بکاتو نابێت ژنەکەش داوای سوێند شکاندنی لێ بکات چونکە خۆی کارێکی وای کردووە کە پیاوەکەی لێ نارەحەت بوەو ئەم سوێندەی خواردوە، ئەگەر بۆزیاتر لە چوار مانگ بو با سوێندەکەی بیشکێنێت.

ئەمەش نیشانەی سۆزو موحەبەتی خوایە بەرامبەر بە مرۆڤو پاراستنی مافی پیاوو ژنەو ئەگەر پیاوەکان بە تەمای پەشیمان بونەوە نەبون لە سوێندەکەیان ئەوە ئیتر مافی ماتەڵ کردنی ژنەکانیان نیە، بۆیە خوا دەفەرموێ:

﴿٢٢٧﴾ ئەگەر بڕیاری تەڵاق دانیان دا لە دوای چوار مانگەکە با تەڵاقی بدات، جا بەراستی خوا بیسەرەو زانەرە بە ئیشەکانیان. واتە: لە دوای ئەم چوار مانگە حاکم بانگی دەکاتو پێی دەڵێ پەشیمان بەرەوەو بچۆرە لای خێزانەکەت، جا ئەگەر چوو باشە ئەگەر نەچوو دەبێ تەڵاقی بدات جا ئەگەر تەڵاقی نەدا با حاکم تەڵاقی بدات چونکە حاکم لەم شێوە ئیشانەدا سەربەستەو دەتوانێت بڕیاری یەك لا کەرەوە بدات چونکە لە چوار مانگ زیاتر ستەمە کەلە ئافرەتەکە دەکرێت. وە خوای گەورەش هەرگیز بە ستەم رازی نیە. ئینجا الله یاسایەکی ترمان سەبارەت بە ئافرەتی تەڵاق دراو بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٢٢٨﴾ئەو ئافرەتانەی کە تەڵاق دەدرێن دەبێ سێ نەوبەت چاوەڕێ بکەنو دروست نیە بۆ ئەوان بیشارنەوە ئەوەی کە

خوا دروستی کردوه له رەحمیان دا واته: منداڵ یان حەیز کەبەوانە عیدە سابت دەبێت نابێ بیشارنەوەو دەبێ راستیەکەی بڵێن ئەگەر ئەوان باوەڕیان هەیە بە خواو بە دوارۆژ، ئەمە هەڕەشەیەکە لەوان ئەگەر پێچەوانەی راستی قسە بکەن. وە مێردەکانیان حەق ترو شایستە ترن بەگەرانەوە بۆلایان (ئەگەر هەر سێ تەڵاقی نەکەوت بێت)ئەگەر هەمویان نیەتی ئاشتەواییان هەبو، وە بۆ ئافرەتان هەیە وێنەی ئەو مافەی کە پیاوان هەیانە لەسەر ئافرەتان بە چاکەو بۆ پیاوان بە سەر ژنانەوە پلەیەك هەیە پێویستە ئەوانیش ئەو رێزە دابنێن بۆ پیاوانو بە سەرپەرشتی خۆیانیان بزانن چونکە پیاوان بە هێزترن لەوانو بە ماڵی خۆیان ئەوان بە خێو دەکەنو زەحمەتی زیاتریش دەکێشن، ﷲ سەرپەرشتیو خزمەتی ئافرەتی خستۆتە سەر پیاوانو ئافرەتانیش دەبێ سوپاسی پیاوان بکەن، چونکە پێغەمبەرمان ﷺدەفەرموێ: {مَنْ لَمْ يَشْكُرِ النَّاسَ لَمْ يَشْكُرِ اللَّهَ/ أبوداود الترمذي. صححه الالباني/ هەرکەسێ سوپاسی خەڵك نەکات سوپاسی خواش ناکات} ئەمە فرمانی خوایەو خواش خاوەنی دەسەڵاتەو ئیشەکانی بە حیکمەتە.

وشەی (قُرُوٓءٍ) هەندێك دەڵێن: حەیزەو هەندێك دەڵێن: پاکیەتیە، واتە سێ حەیز یان سێ پاکی لە پاش ئەو تەڵاقە ئەوسا عیدەیان تەواو دەبێت تا ئەو سێیە تەواو نەبێت نابێ نیکاح بکرێن لە کەسو نابێ لەو عیدە دا هیچ کەسیش خوازبێنیان بکات. بە داخەوە لە هەندێ جێگادا ئافرەت بە بچوکی مارە دەبڕن بەڵام کاتێ گەورە بون بە یەك رازی نابنو ئافرەتەکە لەگەڵ کەسێکی تردا دەست تێکەڵ دەکاتو وەعدەی پێ دەداتو کابراش پارەی مێردی پێشوو دەدات، ئینجا مارەی دەبڕن کە ئەمە تاوانێکی زۆر گەورەیە وەك لە ئایەتی دووسەدوسیوپێنجی هەمان سورەتدا دێت. جا پێویستە ئەو ئافرەتانەش خۆیان بپارێزن لەو تاوانە تا تەڵاق نەدرێن نابێ هیچ پەیوەندیەك پەیدا بکەن بە هیچ کەسێکەوە لە بارەی ژنو ژن خوازییەوە ئەوانەش کە خاوەن عیدەن دەبێ راستی بڵێنو هیچ نەشارنەوە.

بەڵێ بەراستی چەندێك پیاو حەقی هەیە بە سەر ئافرەتەوە ئافرەتیش ئەوەندە حەقی هەیە بە سەر پیاوەوە بۆ نمونە: پێویستە کە ئەو ماڵی کابرا بپارێزێو داوێن پاك بێتو ماوە نەدات بە کەسێك کە لای مێردەکەی باش نەبێت بێتە ماڵیەوە، هەروەها پیاوەکەشی پێویستە رعایەتی ئەم مەسەلانە بکاتو بە شێوەیەکی جوان لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆیدا بجوڵێتەوەو ئازاری نەداتو خۆراكو پۆشاکی بە شێوەی پێویستو باوی سەردەم پێ بدات.

وشەی(عَزِيزٌ)ی هێنا نەك پیاو بە هێزی خۆیدا بنازێتو ستەم لە ئافرەت بکات بەڵکو پێویستە بترسێت لە ستەمکاریو بزانێت کە هێزی خوا لەسەر هەمو هێزەکانەوەیە. وشەی (حَكِيمٌ)ی هێناوە تا ئافرەتان رازی ببن بەو سەرپەرشتیو گەورەییەی پیاوان، چونکە خوای دانا دایناوەو ئیشی خوایش بێ سود نیە. ئا بەم شێوەیە ﷲ ئەرکی هەریەك لە پیاوو ئافرەت دیاری دەکاتو هەردوویشیان دەترسێنێت تا لە سنور دەرنەچن ئەوەش بزانن کە خوا نارازیە بە سەرپەرشتی بێ سنور بۆ پیاوانو ماوە بە ئاغایەتی ئافرەتانیش نادات چونکە ئەم دوو جۆرە دروستکراوە هەردوو موڵکی خودانو دروستکەر دەزانێت دروستکراو چی بۆ باشەو چی بۆ خراپە. جا پێویستە هەردوو سنوری خۆیان بزاننو لە سنور دەرنەچن.

بەداخەوە ئەمڕۆ بە ناوی مافی ئافرەتەوە زۆربەی ئافرەتان لە خشتە ترازاونو دروستکەری خۆیانو بەرنامەو پێغەمبەری خۆیان لە بیر چووەتەوەو بە دەهۆڵی نەفامو نەزانو بێ باوەڕو دوور لە رەوشت سەما دەکەن؟! خوشکی بەرێز ئیسلامە تۆی بەرز کردەوەو بەهەشتی لە ژێر لاقی تۆ داناو تۆی کرد بە دایكو بە یەکەم قوتابخانەی مرۆڤ هەروەها وەك گوڵ تۆی پاراست لە هەمو مرۆڤێکی نەفس نزمو دڵ نەخۆشو لاسارو بێ بەزەیی. تۆی کرد بە خوشکی پیاوان{النِّسَاءُ شَقَائِقُ الرِّجَالِ/ ئافرەتان خوشکانی پیاوانن} جا هەرچی زوتر فریای خۆت بکەوەو خۆت لەو مرۆڤە نەفس نزمو دڵ نەخۆشو لاسارانە رزگار بکەو دوای بڕیاری دروستکەری خۆت بکەوە کە خوایە کە

سبەینێ دەچیتەوە خزمەتی‌و حیسابت لەگەڵدا دەکات بتەوێ یان نەتەوێ.

ئایا باوەڕت بە دەسەڵات‌و دانایی ﷲ نیە؟ دەی بۆچی سەرپێچی لە فرمانەکانی ﷲ دەکەیت‌و بەو بەشکردنەی ئەو رازی نابیت؟ خوای خاوەن دەسەڵات‌و دانا لە بیر چوونەوەی لە تۆدا زیاتردناوە تا ئێش‌و ئازارەکانی سک پڕی‌و منداڵ بونت لە بیر بچێتەوەو ئامادەی چەند جار سک پڕ بون‌و مناڵ بون ببیت ئینجا بۆ منداڵ بون بتەوێت‌و نەتەوێت پێویستیت بە پشووئیسراحەتە هەروەهالە کاتی عوزریشدا ئێش‌و ئازارت هەیەوحەسانەوەت پێویستە، بەڵام پیاو نە باردار دەبێت‌و نە عوزری هەیەو لە بیر چوونەوەش لەودا کەمترە دیسان لە بەر ئەو هەمو سودو قازانجەی کە هەندێکی هەمومان دەزانین بگرە زۆریشی هێشتا هەر نایزانین، جا کەی رەوایە تۆ بەو هەمو ئێش‌و ئازارەی سک پڕی‌و عوزرەوەو بەو لە بیر چوونەوە زۆرتەوە بکرێیت بە سەرپەرشتی پیاو؟ ئەمەش بە هیچ شێوەیەك بەڵگەی سوکی‌و کەمی ئافرەت نیە چونکە دروستکەر ئەم دوو رەگەزەی بە شێوەیەکی جیاتر لە یەك دروستکردوە تا پێویستیان بە یەك هەبێت‌و لە یەکتری بێ نیاز نەبن‌و بە یەکەوە بژین‌و زەوی ئاوەدان بکەنەوە﴿ئایائەوزاتەی کەزۆر ووردبین‌و بە ئاگایە بە دروستکراوی خۆی نازانێت؟﴾مولك/ ١٤. بۆ نموونە سەیارەی وا هەیە پێنج کەس هەڵدەگرێت‌و سەیارەی وا هەیە دە تەن بار هەڵدەگرێت ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئەو سەیارەیەی پێنج کەس هەڵدەگرێت بێ قیمەتەو ئەوی تر بە قیمەتە نەخێر بەڵکو بە پێچەوانەوە جاری وا هەیە کەیەکەمیان لە دووهەمیان بە قیمەترو گرانترە بەڵام دەبێ هەریەکەی باری خۆی هەلگرێت ئایا مەعقولە تەنێ بلوك لەو سەیارە پێنج کەسیە بار بکرێت یان ئەو قەلابە دە تەنیە هەمیشە لە بەینی دوو شاردا تەنها پێنج کەسی لێ بار کرێت؟ وتراوە" رەحمەتی خوا لەو کەسە بێت کە ئەندازەی نەفسی خۆی دەزانێت"

ئینجا ﷲ چۆنیەتی تەڵاق دانمان بۆ باس دەکەت دەفەرموێ:

وَإِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغۡنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمۡسِكُوهُنَّ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ
سَرِّحُوهُنَّ بِمَعۡرُوفٖۚ وَلَا تُمۡسِكُوهُنَّ ضِرَارٗا لِّتَعۡتَدُواْۚ وَمَن يَفۡعَلۡ
ذَٰلِكَ فَقَدۡ ظَلَمَ نَفۡسَهُۥۚ وَلَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ هُزُوٗاۚ وَٱذۡكُرُواْ
نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَمَآ أَنزَلَ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡحِكۡمَةِ
يَعِظُكُم بِهِۦۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿٢٣١﴾
وَإِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغۡنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعۡضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحۡنَ
أَزۡوَٰجَهُنَّ إِذَا تَرَٰضَوۡاْ بَيۡنَهُم بِٱلۡمَعۡرُوفِۗ ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ
مِنكُمۡ يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۗ ذَٰلِكُمۡ أَزۡكَىٰ لَكُمۡ وَأَطۡهَرُۚ وَٱللَّهُ
يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٢٣٢﴾ ۞ وَٱلۡوَٰلِدَٰتُ يُرۡضِعۡنَ أَوۡلَٰدَهُنَّ
حَوۡلَيۡنِ كَامِلَيۡنِۖ لِمَنۡ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَۚ وَعَلَى ٱلۡمَوۡلُودِ لَهُۥ رِزۡقُهُنَّ
وَكِسۡوَتُهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ لَا تُكَلَّفُ نَفۡسٌ إِلَّا وُسۡعَهَاۚ لَا تُضَآرَّ
وَٰلِدَةُۢ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوۡلُودٞ لَّهُۥ بِوَلَدِهِۦۚ وَعَلَى ٱلۡوَارِثِ مِثۡلُ ذَٰلِكَۗ
فَإِنۡ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٖ مِّنۡهُمَا وَتَشَاوُرٖ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَاۗ وَإِنۡ
أَرَدتُّمۡ أَن تَسۡتَرۡضِعُوٓاْ أَوۡلَٰدَكُمۡ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ إِذَا سَلَّمۡتُم مَّآ
ءَاتَيۡتُم بِٱلۡمَعۡرُوفِۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ﴿٢٣٣﴾

(٢٢٩) تەڵاق دوو جارە جا لە پاش ئەو دوو جارە یان ژنەکانتان لە لای خۆتان دابنێن بە تەواوەتی‌و باسی تەڵاق نەکەن یان سێیەم جار بەرەڵایان بکەن، واتە: لە جاری سێهەم دا یان بە شێوەیەکی چاك‌و عورف‌و عادەت بیانهێننەوە یان بەرەڵایان بکەن بە شێوەیەکی جوان نەك بە شێوەیەکی دوژمنانەو وناشیرین‌و زۆرەملە، ئەوسا دروست نیە لەوەی کە پێتان داون لەمارەیی‌و خەرجی هیچ شتێکیان لێ وەرگرنەوە مەگەر لەوە بترسن کە نەتوانن سنورێ کە خوا بۆی داناون بپارێزن ئەوسا ئەگەر هات‌و ترسان کە نەتوانن ئەو سنورەی خوا بپارێزن ئەوە لەو کاتەدا بە تاوان بۆتان دانانرێت ئەگەر ژنەکە فدیەی خۆی بدات واتە ئەو مارەییەی بۆ مێردەکەی بگەڕێنێتەوە. ئەمە پێی دەوترێت (خلع).

لێرەدا وشەی (مرة) بەکارهێنراوە بۆیە زانایان دوو جۆر بۆچونیان هەیە لەم بارەوە هەندێکیان دەڵێن بە مانای ژمارەیە، جا ئەگەر کابرا سێ تەڵاقی بە یەك جار خست تەڵاقەکەی دەکەوێت بەڵام بەشێکی تریان بەلایانەوە جارەو دەڵێن تا دوو جار ناکەوێت یەك تەڵاق بڵێیت یان

زیاتر، هەر یەکەو بۆخۆیان بەڵگەیان هەیەو من دووهەمیانم بەلاوە نزیکترە.

بەڵێ ئەگەر بێ وەرگرتنی شت سنورەکەی خودا پێشێل دەکرا با کابرا مارەییەکەی وەربگرێتەوەو ژنەکەی تەڵاق بدات. جا بۆ رۆشن کردنەوەی مانای ئەم ئایەتە، دەڵێن :جارێکیان ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەرﷺ وتی: من رازی نیم بە فلانە کەس، فەرموی: بۆ؟ ئافرەتەکە وتی: واللّٰه من لە ئەخلاقو دینی هیچ نیگەرانیم نیە، بەڵام قەسەم بە خوا هەندێ جاری وا هەیە کە دێت بۆ لام دەترسم کافر ببم چونکە ئەوەندەم پێ ناشیرینە لە ترسی خوا نەبێت تف دەکەمە ناو چاوی بەڵام لە بەر ئەوەی کە پیاوێکی موسڵمانە بەرگەی ئەو وەزعەناگرم. پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {مادام وایە کاتی خۆی مارەیەکەت باخچەیەك بوە باخچەکەی بدەرەوە بە کابرای مێردت تا تەڵاقت بدات ئەویش وتی: وا دامەوە پێغەمبەریش ﷺفەرموی: تەڵاقی بدە}

ئینجا ئەچینەوە سەر ئایەتەکە دەفەرموێ: ئەوەی کە باسمان کرد سنوری خوایە، ئەوسا لەو سنوورانە دەرنەچن‌و هەر کەسێك سنوورەکانی خوا ببەزێنێت‌و گوێ بە حەڵاڵ‌و حەرام نەدات ئەوانە ستەمکارن. بەڵێ هەرکەسێ سنوورەکانی خوای بەزاند زۆر ستەمکارە پێشەکی لە خۆی‌و لە پاشدا لە خەڵکیش، ئینجا ئەگەر کابرا بە تەواوی تەڵاقی دا ئیتر چاك کردنەوەی نیە. وەك دەفەرموێ:

(٢٣٠) خۆ کاتێ کە سێ جار تەڵاقی دا ئیتر لە دواییدا کابرا یان ژنەکەی پەشیمان بونەوە ناتوانن بێنەوە لای یەك بە ژن‌و مێردی تا پیاوێکی تر نیکاحی نەکات‌و نەبێت بە ژنی، جا ئەگەر پاش ئەوە تەڵاقی داو عیدەی تەواو بو مێردی یەکەمی بۆی هەیە نیکاحی بکاتەوەو بیهێنێتەوە ئەگەر پێیان وا بوو کە سنورەکانی خوا رێك‌و پێك دەبەنە سەرو مافی یەکتر دەدن ئەوە سنورەکانی خوایە کە رونی دەکاتەوە بۆ ئەو گەلەی کە زانایە.

ئەمە کاتێك دروستە کە کابرای دووهەم مەبەستی حەڵاڵ کردن نەبێت بۆ مێردی پێشوو. وەك ئەوەی ئالەم ئایەتە پیرۆزەوە هەندێك فرِوفێڵ دەکەن جا ئەو کەسەی کە سێ تەڵاقی بکەویت ژنەکەی مارە دەبڕن لە کابرایەك بەم شێوەیە ئەو ئافرەتە کە مارەی دەکەن لەو کابرایە بەو مەرجەی پاش چوونە لای تەڵاقی بدات بەراستی ئەمە کارێکی زۆر ناپەسەندو نادروستە، چونکە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {لَعَنَ اللّٰهُ الْمُحَلِّلَ وَالْمُحَلَّلَ لَهُ / ابوداود، ابن ماجة.صححه الالباني/ لەعنەتی خوا لەو کەسەی کە ئەو نیکاحە دەکات، وە لەو کەسەی کە بۆی دەکرێت}

کەواتە تەنها کاتێك دروستە کە ئەم کابرایە ئافرەتەکە نیکاح دەکات مەبەستی ئەوە نەبێت تەڵاقی بدات بۆ کابرا یان حەڵاڵی بکات بۆی.

عائیشە رەزای خوای لێ بێت دەڵێت پیاوێك ژنەکەی خۆی سێ جار تەڵاقداو ئینجا ئەو ژنە شوی کرد بە کابرایەك ئەو کابرایە بەر لە گواستنەوەی (واتە بەر لە جیماع) تەڵاقی دا ئینجا لە بارەی ئەم ئافرەتەوە پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا دروستە ئەم ئافرەتە نیکاح بکرێتەوە لە مێردەکەی پێشوی؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: {لَا حَتَّى يَذُوقَ عُسَيْلَتَهَا كَمَا ذَاقَ الْأَوَّلُ/ متفق عليه/ نەخێر هەتا مێردی دووەم شیرینیەکەی نەچەژی وەك مێردی یەکەم چەشتویەتی} واتە پێویستە جیماعی لەگەل دا بەکات پاشان ئەگەر تەڵاقی دا ئەو کاتە بۆ مێردی یەکەم دروستە.

ئینجا دەفەرموێ: ئا بەم شێوەیە خوای زاناو کاربەجێ سنوورەکانی خۆیمان بۆ باس دەکات تا بە هەڵەدا نەڕۆین. دەڵێن: لە پێش هاتنی ئیسلامدا ئەگەر کابرا ژنەکەی خۆش نەویستبایەو ئارەزۆی ئازاردانی بکردایە هەمیشە تەڵاقی دەدا تا نزیکی عیدە دەبویەوە، ئینجا دەی هێنایەوە ژێر نیکاحی خۆی هەتا ئارەزۆی لێ بوایە وای لێ دەکرد بۆ ئەوەی نەتوانێت شوو بکات، بەڵام ئیسلام هات‌و ئەم کارەی قەدەغە کردو تەنها دوو جار دەتوانێت تەڵاقی بدات‌و بیهێنێتەوە.

(٢٣١) جا هەر کاتێ ژنانتان تەڵاق دا جا ئەو ژنانە گەیشتنە عیدەی خۆیان هەر ئەوەندەیان مابوو کەبتوانێت بیهێنێتەوە ئەگەر توانای گەڕانەوەی هەبوو واتە هەرسێ تەڵاقەی تەواو نەکەوتبو، ئەوسادەتوانن یان بە چاکی

بیانهێننەوە بۆلای خۆتانو راگیریان بکەن بە چاکە یان بەرەڵایان بکەن بە چاکە، ئیتر راگیریان نەکەن بۆ ئەوەی کە زیانیان لێ بدەن.

جا ﷲ سەبارەت بە ئازاردانی ئەو ئافرەتانە دەفەرموێ: هەر کەسێ ئەو کارە بکات بە راستی زوڵمی لە نەفسی خۆی کردوە چونکە دوچاری سزای خوا دەبێت، وە گاڵتە بە ئایەتەکانی خوا نەکەنو فرمانەکانی بە سوك نەگرنو باسی نیعمەتەکانی خوا بکەنو سوپاسی بکەن بۆ ئەو هەمو نیعمەتەی کە بە ئێوەی داوە لەوانە نیعمەتی رەوانە کردنی پێغەمبەرو قورئانە بەرێزەکەیو دانایيە پڕ پێزەکەی کە فەرمودەکانی پێغەمبەرمانەﷺ کە پڕیەتی لە دانایيو زانایيو سوود بۆ بەرەی ئادەمیزادو بەو قورئانە ئامۆژگاری ئێوە دەکاتو لە خوا بترسنو بزانن کە خوا عیلمی هەیە بە سەر هەمو شتێکداو هیچ شتێك لە خوا ون نابێت. یەکێکی تر لەو نیعمەتانە حەڵاڵ بونی هاوسەرگیریەو تەماشای ئەو هەمو سۆزو میهرەبانیە بکەن کەخوا لە نێوانیاندا دروستی کردوە. ﷲفەرموی: تەڵاق دوو جارە جا ئەگەر لەوماوەدا پەشیمان نەبونەوە جاری سێهەم ئیتر تەواو دەبێت، واتە: ئەم نیعمەتانەی خواتان لە بیر نەچێتەوەو گاڵتە نەکەن بەو هەمو نیعمەتانە کە بە راستی هەموی پڕ لە حیکمەتو سوودە دەی با مرۆڤ ئاگای لە خۆی بێتو هەڵسوکەوتەکانی رێكو پێك بکات لەگەڵ فرمانەکانی خواداو وا بزانێت کە خوا چاوی لێیەتی ئەگەر ئەو چاوی بە خوا ناکەوێت خوا ئەو دەبینێتو حیسابی گەورەو بچووکی لەگەڵدا دەکات. ئینجا فرمانێکی ترمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

٢٣٢ هەر کاتێ ژنانتان تەڵاق داو گەیشتنە عیدەی خۆیان، ئەوسا ئەگەر ویستیان خۆیان نیکاح بکەنەوە لە مێردەکانی خۆیان بەرگریان لێ مەکەن، بۆ رۆشنکردنەوە وتمان: کابرا بۆی هەیە دوو جار ژنەکەی تەڵاق بدات جاری سێیەم تەڵاقی ئەدات بە تەواوی یان دەی هێنێتەوە بۆ لای خۆی جائەگەر دوو جار تەڵاقی داو رۆیشت پێویستی بە نیکاح بوو یان کابرا ویستی بیهێنێتەوە بۆ لای خۆی با سەرپەرشتەکانیان نەڵێن: تۆ تەڵاقت داوە ئیتر پێت نادەینەوە شتی وا نەکەنو بۆیان مارە ببڕنەوە ئەگەر پێویستی بە مارە بڕین کرد، واتە: تەڵاقەکەی کەمتر لە سێ جار بوو بەڵام عیدەی رۆیشت بوو لەم شێوەیەدا بێ مارە بڕینی تازە گەڕانەوەی دروست نیە ئەمەش هەر کاتێ کەژنو مێردەکە بە تەواوی رازی بون لە بەینی خۆیاندا. لەمەعقەلی کوڕی یەسارەوە هێنراوەکە: {أَنَّهُ زَوَّجَ أُخْتَهُ رَجُلًا مِنْ الْمُسْلِمِينَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَكَانَتْ عِنْدَهُ مَا كَانَتْ ثُمَّ طَلَّقَهَا تَطْلِيقَةً لَمْ يُرَاجِعْهَا حَتَّى انْقَضَتْ الْعِدَّةُ فَهَوِيَهَا وَهَوِيَتْهُ ثُمَّ خَطَبَهَا مَعَ الْخُطَّابِ فَقَالَ لَهُ يَا لُكَعُ أَكْرَمْتُكَ بِهَا وَزَوَّجْتُكَهَا فَطَلَّقْتَهَا وَاللَّهِ لَا تَرْجِعُ إِلَيْكَ أَبَدًا آخِرُ مَا عَلَيْكَ قَالَ فَعَلِمَ اللَّهُ حَاجَتَهُ إِلَيْهَا وَحَاجَتَهَا إِلَى بَعْلِهَا فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ إلى قوله وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ فَلَمَّا سَمِعَهَا مَعْقِلٌ قَالَ سَمْعًا لِرَبِّي وَطَاعَةً ثُمَّ دَعَاهُ فَقَالَ أُزَوِّجُكَ وَأُكْرِمُكَ/ الترمذي. صححه الالباني/ یەکێك لە یارەکانی پێغەمبەر ﷺ کە ناوی (معقل) بوو خوشکی خۆی دابوو بە کابرایەکی موسڵمان لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ جالای بو ئەوەندەی کەلای بو پاشان تەڵاقێکی دابوو عیدەی تێپەڕی بوو لە پاشان هەردووکیان پەشیمان بونەوەو یەکتریان زۆر خۆشدەویستو موسڵمانەکە داوای لە مەعقەل کردەوە کە بۆی مارە ببڕێتەوە، ئەویش وتی: هەی بێقیمەت من لە پێشەوە زۆر رێزم بۆ تۆ دانا مادام تەڵاقت دا ئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوەبۆلاتو مارەی نابڕمەوە ئاخر شتە بۆ تۆ، ئەڵێ: خوای زانا کەئاگای لە پێویستی ئەم دووانە بوو بە یەکتر ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ إلى قوله وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ ئینجا مەعقەل رازی بوو بانگی کردو وتی: ئەوا پێم دایتەوەو بیسەرو پەیڕەوی کەری فرمانی پەروەردگارم}

خوا دەفەرموێ: ئا بەوە ئامۆژگاری دەکرێت ئەو کەسەتان کە باوەڕی هەیە بە خواو بە رۆژی قیامەت. بەڵێ ﷲ ئاوا بڕیارەکانی خۆی باس دەکاتو تێتان دەگەیەنێت ئەوە پاکترین شتە بۆ ئێوە چونکەبەم شێوەیە کۆمەڵ پاك دەبێتەوە. هەم پێك دێنەوەو هەم عەداوەت نامێنێ چونکە ئەگەر ئەو مێردە حەز لە ژنەکەی بکاتو ژنەکە حەز لە پیاوەکەی بکات لە دوایدا سەرپەرشتەکەی ماوەی مارە

برِين نەدات ئەوە ئەگەر ئەو ئافرەتە مێردێكی تریش بكات هەر دڵی لە لای مێردی پێشویەتیو هەمیشە دلگرانەو مێردەكەشی هەر بەو شێوەیە هەردووكیان لە نارِەحەتی دا دەژین كە زۆر جار ئەم جۆرە رەفتارە دەبێ بە هۆی شەرِو هەرا كەواتە مادام دەگونجێو رازین بە یەكتر وازیان لێ بێنن با لە یەك مارە بكرێنەوەو ئەوەش پاكترە بۆ ئێوە واتە پاك دەبنەوە لە هەمو شتێك هەم نەفستان پاك دەبێتەوە هەم عەقڵو ویژدانتان پاك دەبێتەوەو هەم بەینیشتان لە شەرِو هەرا پاك دەبێتەوە ئەگەر بەم جۆرە رەفتار بكەن چونكە ئافرەتەكە خۆی مێردەكەی هەڵبژاردوەو گەرِاوەتەوە بۆ لای بەم شێوەیە دڵو دەرونو مێشكی پاكتر دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بە نارِەزایی بێت لەوانەیە شەیتان فریویان بدات بۆئەوەی پەنا بۆداوێن پیسی ببەن، كەواتە چاكترین شت ئەوەیە كە گوێ بگرین لە ﷲ چونكە بەراستی ﷲ دەزانێت چی بەسوودە، ئێوە نازانن‌و هەر خوا دەزانێت قازانج لە كوێ دایە. سبحان الله ئەم دوو ئایەتە چەند بە لەزەتن لەم شوێنەدا. لێرەدا جارێكی تر ئەوەمان بۆ دەركەوت كە ئافرەت ناتوانێت بێ سەرپەرشت خۆی مارە ببرِێت، بەڵێ بەم پەیوەندیە چاكو پاكە ئیسلام بناغەی كۆمەڵگا دادەمەزرێنێت. ئاشكرایە كەبەرهەمی ئەو پەیوەندیە منداڵە، ئینجا ﷲ باسی شیر دان دەكاتو دەفەرموێ:

(٢٣٣) دایكان شیر ئەدەن بە منداڵەكانیان. ئەم وشەیە هەرچەندە لە شێوەی خەبەردا هاتووە بەڵام بە مانای ئەمرەو ئینشایە، واتە: ئەگەر مێردەكەی لەم حاڵەتەشدا تەڵاقی بدات نابێ ئافرەتەكە بڵێت: شیری پێ نادەم، بەڵكودایكان دەبێ شیر بدەن، جا ئەو كەسەی كە دەیەوێت شیری تەواو بدات بە منداڵ دوو ساڵی تەواوە لە دوو ساڵ زیاتر سوودی نیە با نەی درێتێ لەوەش خوارتر تەواو نیە شیردانەكە بەڵام تەواو كردنی دوو ساڵی پێویست نەكردوە چونكە دەفەرموێ: بۆ كەسێ كە دەیەوێت بە تەواوی شیر بدات دوو ساڵە كەوابو ئەگەر دایكو باوك ئارەزۆیان لێ بوو كەمتری پێ بدەن دەتوانن بەو مەرجە لەو شیر كەم كردنەوەدا زیانێك بە منداڵەكە نەگات چونكە لە پێغەمبەرەوەﷺ هاتووە كە{لَا ضَرَرَ وَلَا ضِرَارَ/ احمد، ابن ماجة.صححه الالباني/ زیان گەیاندن دروست نیە}

لێرەدا زۆرێ لە زانایان ئەمەیان وەرگرتوە كە شیر دان لە پاش دوو ساڵ نابێ بە هۆی مەحرەمیەت لە نێوان شیر دەرو شیر پێ دراو دا لەم بارەیەوە ترمزی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرمانﷺ بۆ دەگێرِێتەوە كە دەفەرموێ: {لَا يُحَرِّمُ مِنْ الرَّضَاعَةِ إِلَّا مَا فَتَقَ الْأَمْعَاءَ فِي الثَّدْيِ وَكَانَ قَبْلَ الْفِطَامِ/ الترمذي. صححه الالباني/ حەرامیەت دروست ناكات شیر دان مەگەر كاتێك ریخۆڵەكان بكاتەوەو لە مەمكەوە بێتو پێش برِینەوەی منداڵەكە بێت كە تەواو بونی دوو ساڵە} وەكو لە ریوایەتێكی تردا عەبدوڵای كورِی عەباس دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: {شیر دان حەرامیەت دروست ناكات مەگەر لەو دوو ساڵە دا بێت}واجبە لەسەر باوكی منداڵەكە كە رزقی شیر دەرەكە بدات ئیتر شیردەرەكە لەو كاتەدا ژنی كابرا بێت یان تەڵاقی دابێت مادام شیر دەدات بە منداڵەكە دەبێت باوكەكە بە شێوەی عورفو عادەت بژێوی بداتو لیباسی بۆ بكات بە چاكەو بە گوێرەی باوی خەڵك لەو سەردەمەدا هیچ نەفسێك داوای لێ ناكرێت مەگەر بە گوێرەی توانای خۆی نەبێت واتە ئەگەر پیاوەكە توانای نەبێت نابێ زۆری لێ بكرێتو دایكی منداڵ زیانی لێ نەدرێت بە هۆی منداڵەكەیەوەو باوكیشی نابێ زیانی لێ بدرێت بە هۆی منداڵەكەیەوە، بەڵكو پێویستە هەردوو لەگەڵ یەكتردا بسازێن‌و بە سوودی منداڵەكە هەنگاو هەڵگرن ئەگینا هەردوو گوناهبار دەبن‌و هەروەكو ئەوەش پێویستە لەسەر میراتگرەكان ئەگەر منداڵەكە باوكی نەمابوو ئەوان ئەركی باوكی منداڵەكە ئەنجام بدەن، یان مابوو بەڵام كەم دەست بوو لێرەشدا نابێ ئەوان زیان بە شیردەرەكە بدەن‌و شیردەرەكەش زیان لەو كەلەپور بەرانە بدات، لێرەوە دەردەكەوێت كە ئەگەر كابرا ژنەكەی خۆی تەڵاق داو شیری بە منالی كابرا دەدا پێویستە لەسەر ئەو خاوەن منداڵە كە بژێوی بداتو لیباسی بۆ بكات بۆ ئەو ئافرەتە بە گوێرەی عادەتو باوی خەڵك لەو سەردەمەدا. ئینجا ﷲدرێژە بەم باسە دەداتو دەفەرموێ: ئەگەر ژن‌و پیاوەكە ویستیان منداڵەكە ببرِنەوە لە شیر مادام بە پرسو رای

هەردووکیانە، ئەوسا گوناهیان ناگات با کەمتەریش بێت لە دوو ساڵ. وە ئەگەر ئێوە ویستتان کە ژنێکی تر شیر بدات بە منداڵەکەتان نەك دایکەکەی خۆی بەمەش گوناهتان ناگاتو دەتوانن بیدەن بە دایەنێك کە شیر بدات بە منداڵەکە بەو مەرجەی بە گوێرەی باوی ئەو سەردەمە مافی خۆی پێ بدەنو لە خوا بترسن.

جا تەماشای سۆزو بەزەیی خوا بکەن کە چۆن هەر لە منداڵیەوە چاودێریمان دەکاتو لە گەورەییدا لە تاوانو ستەم دەمانترسێنێت تا لە هەردوو ژیان دا خۆشبەختو سەرفەراز بین ئەوەتە لە پاش ئەم بڕیارە هەرە بەرزو بە نرخانە دەفەرموێ: بزانن کە ﷲ بەو شتانەی کە ئێوە دەیکەن بینەرەو هیچ شتێکی لێ ون نابێتو ئاگای لە هەمو ئیشەکانی ئێوەیە، کەواتە ئەگەر بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو رێكو پێك نەجووڵێنەوە ئەبێ چاوەڕێی تۆڵەو سزای خوا بکەنو ئەگەر ئیشەکانتان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بوو با چاوەڕێی رەحمو سۆزی خوا بکەن. جاخوای گەورە بۆ سووك کردنی کاری ئافرەتان بڕیارێکی تر دەردەکاتو دەفەرموێ:

(٢٣٤) ئەو کەسانەی کە دەمرن لە ئێوەو هاوسەرەکانیان دەمێننەوە ئەو ژنانە دەبێ چوار مانگو دە رۆژ، چاوەڕێ بکەنو خۆیان بگرن، دەبێ ئەو چوار مانگو دە رۆژ عیدە رعایەت بکەنو نابێ تا ئەو ماوەیە لیباسی جوان لە بەر بکەنو خۆیان بڕازێننەوە بەوشێوەکە لەپەڕاوەفیقهیەکاندا باسکراوە. جاهەر کاتێك گەیشتنە ماوەی خۆیان، واتە: چوار مانگو دە رۆژەکەیان تەواو کرد لەسەر پیاوانی سەرپەرشت گوناح نیە کە ماوە بدەن بەو ئافرەتانە دەربچن یان لیباسی جوان لە بەر بکەن بە مەرجێك بە شێوەی عورفو عادەت بێتو بە راستی خوا بەو ئیشەی کە ئێوە دەیکەن زۆر ئاگادارە.

بەڵێ، عیدەی ئافرەتێك کە مێردی دەمرێت دوو جۆرن چونکە ئەو ئافرەتە یان سك دارە یان بێ سکە (الحمل)، جا ئەگەر سك دار بوو ئەوە تەواو بونی عیدەکەی بریتیە لە دانانی سکەکەی چی زیاتر چی کەمتر لەو چوار مانگو دە رۆژە بخایەنێت.وەك لە سورەتی تەلاق/٤ دا دەفەرموێ:

وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ
أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ
فِيمَا فَعَلْنَ فِىٓ أَنفُسِهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ
(٢٣٤) وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِۦ مِنْ خِطْبَةِ ٱلنِّسَآءِ
أَوْ أَكْنَنتُمْ فِىٓ أَنفُسِكُمْ عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ
وَلَٰكِن لَّا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا إِلَّآ أَن تَقُولُوا۟ قَوْلًا مَّعْرُوفًا
وَلَا تَعْزِمُوا۟ عُقْدَةَ ٱلنِّكَاحِ حَتَّىٰ يَبْلُغَ ٱلْكِتَٰبُ أَجَلَهُۥ
وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ فَٱحْذَرُوهُ وَٱعْلَمُوٓا۟
أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ (٢٣٥) لَّا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ
مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا۟ لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى ٱلْمُوسِعِ
قَدَرُهُۥ وَعَلَى ٱلْمُقْتِرِ قَدَرُهُۥ مَتَٰعًۢا بِٱلْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ
(٢٣٦) وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ
لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّآ أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَا۟
ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ عُقْدَةُ ٱلنِّكَاحِ وَأَن تَعْفُوٓا۟ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ
وَلَا تَنسَوُا۟ ٱلْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٢٣٧)

﴿خاوەن سکەکان ماوەکەیان بە دانانی سکەکەیانە﴾ وە ئەگەر سکی نەبوو ئەوە چوار مانگو دە رۆژە وەك لێرەدا باسی فەرمو بەراستی ئەمە سووك کردنی ئەرکی سەرشانی ئافرەتان بوو چونکە لە پێشەوە ئەم ماوەیە ساڵێك بووەو لە ئایەتی ژمارە دووسەدوچلی هەمان سووڕەت دا دێت. دیسان ئەوەش هەر بار سوکی بوو لەسەر ئافرەتان چونکە لە پێشەوە دەبوایە ئەو ئافرەتە کە مێردی دەمرد بچوایە ژوورێکی زۆر بچوکی تاریکەوە بە لیباسێکی کۆن بۆ ماوەی ساڵێك نە خۆی بشۆردایەو نە بهاتایە دەرەوە لە پاش ئەو ساڵە دەهاتە دەرەوەو پشکەڵێکی فڕێ دەداو حەیوانێکی زیندویان بۆ دەهێناو خۆی بەودا دەسڕیەوەو دەڵێن: کەم وابوە ئەو حەیوانە بژیت لە پاش ئەو خۆ لێ سڕینە لە بەر پیسیو ناخۆشی ئەو بۆگەنەی کە لەو ئافرەتەوە دەهات؟! جا خوشکانی خوا ناس مافی خۆیەتی کەسەری کڕنوش بخەنە سەر خاك بۆ ئەو پەروەردگارەو هەزاران جار سوپاسی بکەن بۆ ئەو نیعمەتە گەورەو بۆئەو ئاسانکاریەی کە بۆی کردوون.

(٢٣٥) گوناح نیە بۆتان ئەگەر هاتو بە شێوەی رانواندنو ناراستەوخۆ بدوێن لەگەل ئەوئافرەتانەی کە لە عیدە دابن

واته بڵێن ئافرەتانی وەکو ئێوە پەکیان ناکەوێت دەیان پیاوی وەکو من پێویستیان بە ئافرەتی وەك ئێوە هەیە بەڵام نابێ ڕێك بڵێن: من تۆم دەوێت. یان لە دڵتان دا حەز بکەن ئەو ژنانە بهێنن ئەوەش دیسان گوناحتان ناگات خوا دەزانێ کە ئێوە لە مەودوا باسیان دەکەن، واتە: ئەگەر چی من دەزانم کە ئێوە لە پاش عیدە داوای دەکەن بەڵام ئەوە تاوان نیە بەڵام نابێ بە نهێنی بەڵێنیان پێ بدەن، جا ئەمە لە کوێ‌و هەڵگرتنی ژن یان نیکاح کراوی کابرایەك لە کوێ کەچی خۆی بە مەلا زان ئامادەی مامەڵەکەی دەبێت؟! ئەی مەلای نامەلا بۆ شەرم لە خوا ناکەیت تۆ دەبێ نەفرین لەو جۆرە کەسانە بکەیت ئاوا بێ ترس سنورەکانی خوا دەبەزێنن کەچی بەکەمێ پارە ئیشیان بۆ ئاسان دەکەیت‌و دینی خۆت دەفرۆشیت بۆ دنیای خەڵك؟ چاکی وتوە شاعیر کە دەڵێت: (وَهَلْ أَفْسَدَ الدِّينَ إِلاَّ الْمُلُوكُ...وَأَحْبَارُ سُوءٍوَرُهْبَانُهَا؟ ئایا ئاینی خراپ کردوە جگە لە پاشایان‌وزانایانی خراپ‌وعابیدە نەفامەکان؟) خوا لەو شاعیرە کوردەیش خۆش بێت کە دەڵێت: دەك بەفەناچێت مەلای نامەلا — بەردی بنچینەی دینت دەرهێنا. تەماشای ئایەتی ٢٢٨ بکەرەوە.

بەڵێ ئەی خاوەن باوەڕان ئا بەو شێوەیە دەتوانرێت کۆمەڵگایەکی پاك‌و خاوێن هەبێت نەك بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ تێیدا دەژین. بەڵێ نابێ هیچ قسەیەکی بێ جێ لەگەڵ ئافرەتی عیدەداردا بکرێت مەگەر قسەیەکی جوان‌و عادەتی بێت وەکو لە پێشەوە باسمان کرد، نابێ نیکاحی بکەن تا ئەو ژنە عیدەی تەواو نەبێت، جا بزانن بەبێگومان ﷲ ﷻ ئاگادارە بەوەی کە لە ناو دڵەکانتان دا هەیە وا مەزانن کە شتەکانتان لە خوا دەشارێتەوە کەواتە لە خوا بترسن‌و خۆتان بپارێزن لەسزای سەختی ئەو زاتە چونکە دەزانێت کە چ شتێك لە ناو دڵی ئێوەدا هات‌و چۆ دەکات. وەبزانن کە خوا لێ خۆش بوو بە حەوسەڵەیە. لێرەدا وشەی (غفور)ی بە کار هێناوە تا ئەگەر تاوانێکتان کرد یان وشەیەکی وا کە چاك نەبوو هات بە دەمتان دا بە نەفامی تەوبە بکەن خوا لێتان خۆش دەبێت، ئینجا لەو لاشەوە فەرموی (حلیم) بە حەوسەڵەیە. واتە: ئەگەر ژنێکت حەز لێ بوو بەڵام ئەو ژنە لە عیدەدا بوو نەکەی قسەی سری لەگەڵبکەی بەڵکو خۆ بگرەو بە حەوسەڵە بە تا عیدەکەی تەواو دەبێت. ئینجا ﷲ ﷻ یاسایەکی ترمان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(٢٣٦) بە تاوان‌و گوناح حیساب ناکرێت بۆتان ئەگەر مارە بڕی خۆتان بەر لەوەی کە بچنە لایان‌و مارەییان بۆ دابنێن تەڵاقیان بدەن‌و شتێکیان بدەنێ هەر چەند نەشتان گواستونەتەوەو مارەیشتان بۆ دانەناون، بەڵام هەر شتێکیان پێ بدەن ئەو شتەیش بەگوێرەی بون‌و نەبونی کابرا دەبێت وەك دەفەرموێ: لەسەر دەوڵەمەند بە ئەندازەی خۆی‌و لەسەر فەقیریش بە ئەندازەی خۆی، کەل‌و پەلێکە کەبە شێوەیەکی عورف‌و عادەت پێی دەدرێت کە ئەمە مافێکە لەسەر چاکە کاران. (ٱلْمُقْتِرِ) فەقیرە (ٱلْمُوسِعِ) دارایە. بەڵام ئەگەر مارەییان بۆ دانرا بوو ئەوا بەم شێوەیە کە دەفەرموێ:

(٢٣٧) ئەگەر ژنانتان تەڵاق دا پێش ئەوەی بچنە لایان‌و مارەییتان بۆ دانا بون ئەوە دەبێ نیوەی مارەییەکانیان بدەنێ مەگەر ژنەکان عەفوتان کەن، واتە: ئەگەر ژنەکان وتیان: نامانەوێ ئەوە مولکی خۆیانەو دەتوانن چاوپۆشی لێ بکەن یان ئەو کەسەی کە نیکاحی بە دەستەوەیە چاوپۆشی بکەن، جا کێیە کە ئەم نیکاحەی بە دەستەوەیە ناڕێکی هەیە هەندێك دەڵێن: سەرپەرستی ئافرەتەکەیە. دەتوانێت چاوپۆشی بکات لەو نیوە مارەیە ئەگەر چی ئەمە دەست خستنە ناو ماڵی خەڵکەو بە زیانیشە، بەڵام ماوە دراوە کە بڕیارێکی جیا کراوەیە (استسنائی)ە هەندێك دەڵێن: مێردەکانیانە عەقدی نیکاحی ئەوانیان بە دەستەوەیەو قەبوڵیان کردوەو دەشتوانن هەڵی وەشێننەوە. واتە: مەگەر مێردەکانیان چاو پۆشی بکەن لە نیوەکەی تر و هەمو مارەییەکە بدات بە ئافرەتەکە ئەمەش هەر دروستەو ئیشێکی باشەو هەر کامیان ئەم بەشەی خۆیان ببەخشن بەمەبەستی ئاسانکاری ئیشێکی چاکیان کردوە. بۆیە دەفەرموێ: خۆ ئەگەر یەکتر عەفو بکەن ئەمە زۆر نزیکترە لە تەقواوە. خیتابەکە بۆ پیاوانە، جا ئافرەتانیش دەگرێتەوە هەر کامیان یەکتر عەفو بکەن ئیشێکی باشە، ئەو ڕێزو چاکەکاریەی کە هەیە لە بەینی خۆتان دا لە

برایەتیو رەحمو شەفەقەتو دۆستایەتیو خزمایەتی لە بیرتان نەچێتەوەو کێشە دروست مەکەن کە ئەو خزمایەتیو دۆستایەتیە لابات. بە راستی اللَّهُ ﷻ بینەری ئەو کارانەیە کەئێوە دەیکەن. ئەگەر بەچاکی رەفتار بکەن اللَّهُ ﷻ پاداشتی چاکەتان دەداتەوە. وەئەگەر بە خراپیش رەفتار بکەن خوا تۆڵەتان لێ ئەسێنێتەوە، بە داخەوە ئەمڕۆ هەر پیاوو ژن لە یەك جیا بونەوە ئیتر هەمو شت لە بیر دەچێتەوە. ئینجا اللَّهُ ﷻ بڕیارێکی ترمان بۆ باس دەکاتو دەی چەسپێنێت بەم بڕیارەی سەرەوە کە باسی خێزانە تا تێمان بگەیەنێت کە ئیسلام هەموی یەکەو پارچە پارچە ناکرێت نابێ هەندێکی بە لاوە چاك بێتو وازلە هەندێکی تری بهێنێت ئەوەتا لێرەدا لە پاش عائیلە باسی نوێژمان بۆ دەکات.

(٢٣٨) ئاگاداری نوێژەکانتان بن بە تایبەت نوێژی ناوەڕاست. لە بارەی نوێژی ناوەراستەوە قسەی زۆر هەیە بەڵام نزیك ترینیان ئەوەیە کە نوێژی عەسرە چونکە چەندین فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ ی لە سەرە لەوانە{فَقَالَ مَلَأَ اللَّهُ قُبُورَهُمْ وَبُيُوتَهُمْ نَارًا كَمَا شَغَلُونَا عَنْ صَلَاةِ الْوُسْطَى حَتَّى غَابَتْ الشَّمْسُ وَهِيَ صَلَاةُ الْعَصْرِ/البخاري/ فەرموی:خواگۆڕەکانیانو ماڵەکانیان پڕ بکات لە ئاگر هەروەك چۆن سەرگەرمیان کردین لە نوێژی ناوەڕاست هەتا خۆر ئاوا بوو،وە ئەوە نوێژی عەسرە} هەروەها ئیمامی موسلمیش بەم شێوەیە بۆمانی باس دەکات کە{خەریکیان کردین لە نوێژی ناوەڕاست نوێژی عەسر}وە هەڵسن بۆ خوا بە شێوەیەکی گەردن کەچانەو بەندایەتی خوا بکەن. ﴿قَـٰنِتِينَ﴾ گەردن کەچان.

ئەمە بڕیارێکی گشتیەو دەبێ مرۆڤ گەردن کەچ بێت بۆ هەمو حوکمێکی خوا. نوێژیش یەکێکە لەو حوکمانە. دەڵێن: تا ئەو ئایەتە دانەبەزی بو موسڵمانان لە بەینی خۆیاندا لە نوێژدا قسەیان دەکرد بەڵام کە ئەو ئایەتە دابەزی ئیتر موسڵمانان بێ دەنگ بون. بۆیە هەندێك وتویانە ﴿قَـٰنِتِينَ﴾ واتە (ساکتین) بێ دەنگان. واتە لەنوێژەکانتاندا بێدەنگ بنو قسە مەکەنو ئێمنو سێکن بن.

حَـٰفِظُوا۟ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلْوُسْطَىٰ وَقُومُوا۟ لِلَّهِ
قَـٰنِتِينَ ﴿٢٣٨﴾ فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا فَإِذَآ أَمِنتُمْ
فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا۟ تَعْلَمُونَ
﴿٢٣٩﴾ وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا وَصِيَّةً
لِّأَزْوَٰجِهِم مَّتَـٰعًا إِلَى ٱلْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ ۚ فَإِنْ خَرَجْنَ
فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِى مَا فَعَلْنَ فِىٓ أَنفُسِهِنَّ مِن
مَّعْرُوفٍ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٤٠﴾ وَلِلْمُطَلَّقَـٰتِ مَتَـٰعٌۢ
بِٱلْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٤١﴾ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ
ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَـٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٢٤٢﴾ ۞ أَلَمْ تَرَ
إِلَى ٱلَّذِينَ خَرَجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ ٱلْمَوْتِ
فَقَالَ لَهُمُ ٱللَّهُ مُوتُوا۟ ثُمَّ أَحْيَـٰهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى
ٱلنَّاسِ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٢٤٣﴾
وَقَـٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٤٤﴾
مَّن ذَا ٱلَّذِى يُقْرِضُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَـٰعِفَهُۥ لَهُۥٓ أَضْعَافًا
كَثِيرَةً ۚ وَٱللَّهُ يَقْبِضُ وَيَبْصُۜطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٤٥﴾

(٢٣٩) جا ئەگەر ترسانو نەتانتوانی بوەستن بۆنوێژ کردن بە پیادە یان بەسواری بڕۆن نوێژەکانتان بکەن، جا هەر کاتێك کە ئێوە ترستان نەما، ئەوسا یادی خوا بکەنو نوێژەکانتان بکەن هەروەکو خوا چۆن فێری کردون کە لە پێشدا ئەوەتان نەدەزانیو بە تەواوی قیامو رکوعو سجود ئەنجام بدەن. زۆرترین زانایانی تەفسیر لەسەر ئەوەن کە ئەم (خەوفە) لە جیهاد دا لە کاتی شەڕدا دەبێت. بەڵام دەگونجێت مەبەستەکە گشتی بێت، واتە: هەر کاتێ کە ترست هەبوو چ لە دوژمن بێت یان لە درندە یان ترسی فەوتانی نوێژەکەت بوو ماوەی هەلسوکەوتت نەماوە وەکو لە سەیارە دابووی وە ماوەیان نەدا کە دابەزیتو نوێژ بکەیت ئەتوانیت چۆنت بۆ بکرێت وا نوێژ بکەیت. ئیمامی بوخاری دەڵێ ئەوزاعی وتویەتی: ئەگەر سەرکەوتن نزیك بو توانای نوێژ نەبو کەبە هێما نوێژەکەیان بکەن ئەوە لەو کاتەدا نوێژەکەیان دوا بخەن تا دەکەونەوە ئاسایشو دوو رکات نوێژ بکەن، وە ئەگەر توانای دوو رکاتیان نەبو رکاتێكو دوو سوجدە ببەن، واتە: یەك رکات نوێژ بکەن بەسەو ئەگەر توانای رکاتێکیان نەبو دەبێ نوێژەکە دوا

بخەن تا کاتی توانا. ئیمامی بوخاری سێ بەڵگەی لەسەر ئەم رەئیە باس کردوە. یەکەمیان دواخستنی پێغەمبەرﷺ نوێژی عەسر لە رۆژی خەندەق دا هەتا رۆژ ئاوا بو.

دووەمیان: کاتی فرمانی ئامادە بونی دا بە یارەکانی بۆ بەنی قورەیزە فەرموی: {لَا يُصَلِّيَنَّ أَحَدٌ الْعَصْرَ إِلَّا فِي بَنِي قُرَيْظَةَ. .....فَذُكِرَ لِلنَّبِيِّ ﷺ فَلَمْ يُعَنِّفْ وَاحِدًا مِنْهُمْ /البخاری/ هیچ کام لە ئێوە نوێژی ئەم عەسرە نەکات مەگەر لە بەنی قورەیزە} ئەوەبو هەندێکیان لە رێگادا نوێژیان کردو وتیان: مەبەستی پێغەمبەر ﷺ پەلە کردن بوەو هەندێکیان نوێژەکەیان نەکرد تا چوونە بەنی قورەیزە بەڵام رۆژ ئاوا ببو کاتێك پێغەمبەری ئازیز ﷺ ئەمەی بۆ باس کرا، ئەو لۆمەی هیچ کام لەوانی نەکرد واتە بەوە رازی بوە.

سێهەم: ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێ: هێرش کردنە سەر قەڵای شوشتەر دەستی پێ کردو نزیکی نوێژی بەیانی بوو شەڕ زۆر گەرم بو تواناى نوێژ کردنمان نەبو تا رۆژ بەرز بوەوە ئەو کاتە نوێژمان کردو دوا بە دوای نوێژەکە سەرکەوتین ئەنەس دەڵێت: هەمو دنیاو ئەوەی کە تێدایەپێم بدرایە بە ئەندازەی ئەو نوێژە پێم خۆش نەبو، بەڵام جمهور دەڵێن: نابێ دوا بخرێت. لەگەڵ رێزم بۆ ئەوان ئەوەی ئیمامی بوخاریم پێ خۆشە، هەر خوایش زانایە. ئینجا ﷲ ﷻ لە پاش نوێژی ترس جارێکی تر باسی ئەو ئافرەتانە دەکات کە مێردیان مردوە بەم شێوەیە قورئان یاساکان تێکەڵ دەکات تا تێمان بگەیەنێت کە ئیسلام هەمو یەکەو نابێ پارچە پارچە بکرێت وەکو ئەمڕۆ کە دەیان حیزبو دەستەو کۆمەڵ بە ناوی ئیسلامەوە دروست بونو هەر یەکەی بەشێکی لە ئیسلام گرتوەو هەر خۆیشی بە راست دەزانێت!

(٢٤٠) جا ئەو کەسانەی کە دەمرن لە ئێوەو هاوسەرانیان بە جێ دەهێڵن مۆچیاری بۆ هاوسەرەکانیان دەکرێ کە هەتا ساڵێك بمێننەوەو دەرکردن نیە، خۆ ئەگەر خۆیان دەرچوون بۆ ئەوەی کەئیشێکی چاك بۆخۆیان ئەنجام بدەن کە لە عورفو عادەتدا پەسەند بوو، ئەوە ئێوەی سەرپەرستی ئەو ژنانە هیچ تاوانێکتان لەسەر نیەو خوا خاوەنی دەسەڵاتەو ئیشەکانی بە حیکمەتە. ئەم ئایەتە هەندێك پێیان وایە مەنسوخە بە ئایەتی پێشو کە وتمان ئەگەر چی ئەم ئایەتە لە قورئان دا لە دوای ئایەتی پێشوو هاتوە بەڵام لەدابەزیندا ئەم لەپێش ئەودا هاتوە، بەڵام من واتێ دەگەم بڕیاری ئەم ئایەتە ئیختیارییەو بڕیاری ئایەتی چوار مانگ و دە رۆژ ئیجبارییە، جا باش وایە ساڵێك دەرنەچێت بەڵام ئەگەر هاتو ساڵێك نەیان توانی دەبێ چوار مانگو دە رۆژ دانیشن کەوابوو ئەم دوو ئایەتە دژایەتیان نیەو پێویست بەوەناکات کە بوترێت هەڵوەشاوەتەوە(منسوخ) وە خوا زاناترە. لە پێشەوە فەرموی: ئەگەر ئافرەتێك تەڵاق دراو هیچ مارەی نەبوو ئەو دەبێ کەلو پەلێکی بۆ دابین بکرێت. لێرەدا بە گشتی دەفەرموێ:

(٢٤١) بۆ تەڵاق دراوان، جا ئیتر هەر جۆرێك بن بە شی رەوای خۆیان هەیەو دەبێ پێیان بدرێت بەگوێرەی عورفو باوی سەردەمی خۆیان ئەمە مافێکە لەسەر پارێزکاران. زانایان پێیان وایە ئەمە شتێکی واجبەو پێویستە هەر کەسێك بە هەر نەوعێ بێت ژنی تەڵاق دا بێجگە لەو حقوقەی کە دەکەوێتە سەری وەکو نیوەی مارەی یان هەمو مارەییەکەی ئەگەر چوو بێتە لای، بەڵێ ئەمەیە رەوشتی پەسەند لە رەوانگەی ئیسلامەوە نەك شەڕو تێ هەڵدانو مافی ئافرەت خواردن.

(٢٤٢) هەر ئا بەم شێوەیە خوای گەورە نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە رۆشن دەکاتەوە، بەڵکو ئێوە بیر کەنەوەو ئاوەزاتان هەبیو بزانن کە چۆن رەفتار دەکەن. ئینجا ﷲ ﷻ چەند روداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە روداوی مێژویین بۆ بتەو کردنی بیرو باوەڕی خوا ناسانو باوەڕ هێنان بە توانایيو زانایی خواو و دەفەرموێ:

(٢٤٣) ئایا تۆ خەبەرت پێ نەگەیشتوەو نازانیت ئەو کەسانەی کە دەرچوون لە ماڵەکانیان کە ئەوان هەزاران کەس بون، جا ﷲ ﷻ پێی فەرمون بمرن هەمویان مردن لە پاشان زیندوی کردنەوە بە راستی خوا خاوەنی نیعمەتو کەرەمە بە سەر خەڵك دا، بەڵام زۆربەی خەڵك سوپاسی خوا ناکەنو سپڵەو نمەك نەناسن. هەندێك دەڵێن:

سێ هەزار کەس بون، لە ترسی مەرگ دەرچون دەڵێن تاعون پەیدا ببو ئەمانە هەستان لە ترسی ئەوەی کە نەمرن دەرچوون بەڵام پێی فەرمون: بمرن هەموویان مردن، دەڵێن چۆنە شیوێكو لەو شیوەدا هەموویان کۆبونەوەو دەنگێك لە خواروو ژووروی شیوەکەوە هاتو هەموویان بە جارێك مردنو رزین پێغەمبەرێك دای بە لایان داو دوعای بۆ کردنو اللَّه ﷻ زیندوی کردنەوە، بەم شێوەیە بۆ ئەوانو بۆ هەمو کەسێ دەری خست کە هەمو شت لای خودا ئاسانەو مەرگو ژیان بۆ ئەو یەکسانە. هیچ پەرچێك ناتوانێت رێگەی بگرێت لە هەر شتێك کە ئارەزۆی لێ بێت بە راستی ئەم مەرگو ژیانەش یەکێکە لە نیعمەتە گەورەکانی خوا ئەگەر باش بیری لێ بکەنەوە بۆیە فەرموی: بە راستی خوا خاوەنی نیعمەتو کەرەمە بە سەر خەڵك دا بەڵام زۆربەی خەڵك سوپاسی خوا ناکەنو سپڵەو نمەك نەناسن. دوا بە دوای ئەمە دەفەرموێ: مادام مەرگ بە دەست خۆتان نیە ئەگەر خوا ئیرادەی نەکرد نابێت وە ئەگەر ئیرادەشی کرد دەبێت ئیتر ئێوە ترستان لە چیەو بۆچی دەترسن لە دوژمنانتان :

(٢٤٤) دەی شەڕ بکەن لە رێگای خواداو بزانن کە اللَّه بیسەرە بۆ وتارتانو زانەرە بە کردارتان. ئاشکرایە کە ئەم جیهادەش بە بێ ماڵ نابێت لە بەر ئەوە اللَّه ﷻ جارێکی تر سرنجی موسڵمانانی بۆ ماڵ بەخشین رادەکێشیو دەفەرموێ:

(٢٤٥) کێیە ئەو کەسەی کەوا قەرزی جوان دەدات بە خوا، جاخوایش زیادی دەکات بۆی بە چەندین بەرابەری زۆر هەر خوایە توانای هەمو شتێکی هەیە دەگرێتەوەو نایدات بە هەندێكو هەر خوایە فرەوانیش دەکات بۆ هەر کەسێ کە خۆی ئارەزۆی لێ بێت.. جا وەختێ اللَّه ﷻ بفەرموێ: (كَثِيرَةً) دەبێ چەند بێت. لە فەرمودەی قودسی دا هاتوە کە دەفەرموێ: {ئەی بنیام ببەخشە پێت دەبەخشم مەیگرەوە لێت دەگیرێتەوە}. ئینجا اللَّه ﷻ داستانێکی ترمان بۆ دەگێرێتەوە لە ناو بەنی ئیسرائیل داو دەفەرموێ:

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلْمَلَإِ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰٓ إِذْ قَالُوا۟
لِنَبِىٍّ لَّهُمُ ٱبْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ
هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ أَلَّا تُقَٰتِلُوا۟ ۖ
قَالُوا۟ وَمَا لَنَآ أَلَّا نُقَٰتِلَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا
مِن دِيَٰرِنَا وَأَبْنَآئِنَا ۖ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ تَوَلَّوْا۟
إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ (٢٤٦) وَقَالَ
لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا ۚ
قَالُوٓا۟ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ ٱلْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِٱلْمُلْكِ
مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ ٱلْمَالِ ۚ قَالَ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰهُ
عَلَيْكُمْ وَزَادَهُۥ بَسْطَةً فِى ٱلْعِلْمِ وَٱلْجِسْمِ ۖ وَٱللَّهُ
يُؤْتِى مُلْكَهُۥ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ (٢٤٧)
وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ءَايَةَ مُلْكِهِۦٓ أَن يَأْتِيَكُمُ
ٱلتَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا
تَرَكَ ءَالُ مُوسَىٰ وَءَالُ هَٰرُونَ تَحْمِلُهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ۚ
إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (٢٤٨)

(٢٤٦) مەگەر تۆ نازانیو عیلمت نیە کە هەندێك لەپیاو ماقوڵانی بەنی ئیسرائیلی لە دوای موسا عليه السلام بە یەکێك لە پێغەمبەرەکانی خۆیان کە ئەو پێغەمبەرە (شمعون یان شمویل) ناو بوە وت: پاشایەك یان رێبەرێکمان بۆ دانێ تا لە رێگای خوادا غەزا بکەین. بەڵێ بەنی ئیسرائیلی کاتێ، کە لایان دا لە فرمانی خواو دەرچوون خوا خەڵکێکی تری زاڵ کرد بە سەریان داو تەفرو تونای کردن ئیتر نەپێغەمبەریان ماو نەپاشا. لە دوای دا اللَّه ﷻ پێغەمبەرێکی بۆ رەوانەکردن، ئینجا کە پێغەمبەریان بۆ هات پاشایان نەبوو دەیان وت: ئەگەر بێتو ئێمە پاشایەکمان هەبێت ئیتر ئێمە بۆ تۆڵە سەندنەوەی خۆمان لەگەڵدوژمنانی خۆمان دا لەسەر ئایینی خوا شەڕ دەکەین. پێغەمبەرەکەیان وتی: ئاخر من دەترسم کە ئەگەر جیهاد فەرز کرا لە سەرتان ئێوە شەڕ نەکەن وتیان: چۆن ئێمە لە رێگای خوادا شەڕ ناکەین لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە دەرکراوین لە ناو ماڵو خێزانی خۆمان؟چۆن شەڕ ناکەین چۆن تۆڵەی خۆمان ناسێنینەوە بەڵام لە کاتێك دا کە شەڕ فەرز کرا لە سەریان پشتیان تێ کرد تەنها ژمارەیەکی

فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِٱلْجُنُودِ قَالَ إِنَّ ٱللَّهَ مُبْتَلِيكُم
بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُۥ
مِنِّيٓ إِلَّا مَنِ ٱغْتَرَفَ غُرْفَةًۢ بِيَدِهِۦ ۚ فَشَرِبُوا۟ مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا
مِّنْهُمْ ۚ فَلَمَّا جَاوَزَهُۥ هُوَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ قَالُوا۟
لَا طَاقَةَ لَنَا ٱلْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ ۚ قَالَ ٱلَّذِينَ
يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَـٰقُوا۟ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ
غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ (٢٤٩)
وَلَمَّا بَرَزُوا۟ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَفْرِغْ
عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ
ٱلْكَـٰفِرِينَ (٢٥٠) فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَقَتَلَ
دَاوُۥدُ جَالُوتَ وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ وَٱلْحِكْمَةَ
وَعَلَّمَهُۥ مِمَّا يَشَآءُ ۗ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم
بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ ٱلْأَرْضُ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو
فَضْلٍ عَلَى ٱلْعَـٰلَمِينَ (٢٥١) تِلْكَ ءَايَـٰتُ ٱللَّهِ
نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِٱلْحَقِّ ۚ وَإِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ (٢٥٢)

کەمیان نەبێت، بەڵێ مرۆڤ ڕەفتاری ئاوەهایە کاتێ جیهادو شەڕ نیە لە ڕێگای خوادا ئاهو ناڵەیان بۆ جیهاد، بەڵام کاتێ کە جیهاد ڕوو دەدات زۆربەیان پشتی تێ دەکەن‌و خۆیان دەشارنەوەو هەندێ جاریش ئیشەکە بە بێ جێ تەماشا دەکەن، بە ڕاستی مرۆڤ بە زۆری لەسەر زیانی خۆیەتی‌و ستەم لە خۆی دەکات. جاالله ﷻ زانەرەبەستەمکاران، دەزانێ کێ زاڵمەو کێیش مەزڵومەو لێێ ناگۆڕێت.

(٢٤٧) پێغەمبەرەکەیان پێی وتن ئەوا الله ﷻ تالوتی کرد بە پێشەواو پادشای ئێوەو کردی بە لێپرسراوتان وتیان: ئەوە چۆن دەبێت سەر پەرستی ئێمە بێت‌ودەستیانکرد بە ڕەخنە گرتن‌و وتیان: ئێمە شایستەترین لەو کەببین بە پاشاو خاوەن دەسەڵات چونکە خاوەن ماڵین لە حاڵێکدا ئەو ماڵی وای نیەو هەژارە پیاوێکی فەقیری وا چۆن دەبێت قیادەی ئێمە بگرێتە دەست پێغەمبەرەکەیان (عليه السلام) وتی: بزانن بەراستی الله ﷻ ئەوی هەڵبژاردوە بە سەر ئێوەدا لە بەر شتانێك کە هەر خۆی دەزانێت‌و ئەوی بەسەر ئێوەدا بەرز کردوەتەوە لەلایەن زانیاری‌و توانای لەشەوە، واتە: هەم عیلمی پێ داوەو هەم جسمی پێ داوە کە ئەم دوو مەرجە پێویستە بۆ ڕەهبەر لەو دا هەن، سەروەت سامان مەرجی سەرپەرستی نیە چونکە شتێکە بە دەست خوایە هەندێك نزم دەکاتەوە کە زۆر زاناو ژیرەو هەندێکیش بەرز دەکاتەوە کە زۆر نەزان‌و گێلن وەك دەفەرموێ: هەر خوایە مالیك‌و موڵکی خۆی دەدات بە هەر کەسێك کە ئارەزۆی لێ بێت ئەمە ئیتر نیشانەی باش‌و خراپی نیە نیشانەی بەرزو نزمی نیەو ماڵ ئەمانەتێکە خوا بە هەندێکی دەدات وەبە هەندێکی نادات، الله ﷻ موڵکی زۆر فرەوانەو ڕزقی زۆرەو زانایشەو ئیشەکانی لە ڕوی زانینەوە ئەنجام دەدات نەك گۆترەکاری‌و دەشزانێت کە ئێوە چۆن ڕەفتار دەکەن لەگەڵ پێغەمبەرو بەرنامەکەیدا ئەمەش وەڵامێکی ددان شکێنی ترە بۆ ئەو کەسانەی کە بەرژەوەندیان کردوە بە خواو دەیپەرستن چونکە ئەگەر بەرژەوەندی ڕواڵەتی شتێکی زۆر گرنگ بوایە دەبوایە الله ﷻ کابرایەکی ناودارو دەوڵەمەندی ئەوانی بکردایە بە ڕەهبەر.

بەڵێ ئەوان لە پێشدا تابووتێکیان هەبو کە هەندێك ئەسبابی تێدا بو وەك گۆپاڵ‌و جل‌و بەرگی هارون وموسا، هەروەها چەندین شتی تر کە هەڵیان دەگرت لە پێش خۆیان دا بۆ هەر شەڕێك دەچوون سەر دەکەوتن بەڵام کە فرمانی پێغەمبەرەکانیان شکاندو لایان دا تابوتەکەیان برا ئیتر ئەوان شکەستیان خواردو زەلیل بون، ئینجا پێغەمبەرەکەیان وتی: یەکێك لەو بەڵگانەی کە الله ﷻ تالوتی بۆ ئێوە هەڵبژاردوە ئەویە تابوتەکەتان کە مایەی سەرکەوتن‌و ئارام بەخشینە بۆ ئێوە لە لای خوای خۆتانەوە بۆتان دێتەوە دەڵێن. فریشتە لە ئاسمانەوە هاتن‌و بۆیان هێنانەوە ئەوان بە چاوی خۆیان بینیان‌و گەیشتە بەردەستیان ئەوەتە خوا دەفەرموێ:

(٢٤٨) پێغەمبەرەکەیان پێی وتن: بە ڕاستی نیشانەی پاشایەتی ئەو بە سەر ئێوەدا ئەوەیە کە تابوتەکەتان دێتەوە بۆ لاتان کە لەو تابوتەدا لەلایەن پەروەردگارتانەوە ئارامشی تێدایەو دەبێ بەهۆی دڵنیا بونتان لە ڕاستی پێغەمبەرەکەتان‌و سەربەرزی‌و سەرکەوتنی ئاییندەتان، وەپاش ماوەی ئالی موساو ئالی هارون کەبە جێماوە لێیان

کە بریتی بوو لە عەساو جلو بەرگی موساو هارونو وردە پارچەی ئەلواحی تێیدایە کە بێگومان ئا لەوەدا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ ئێوە کە بزانن پێغەمبەرەکەتان راستەو فرماندەیی تالوتیش دروستەو دەبێ ئیتر بە گوێی بکەن. ئینجا ئەو کەسانەی کە راست بون دوای ئەم رەخنە گرتنە ئامادە بونو لەشکرێك پێکهات بەڵام رەهبەری لێزانو شارەزا هەروا بە گوترە خەڵکێك پێش خۆی نادات بۆ شەڕ بەڵکو تاقیان دەکاتەوە ئەوەتە لێرەش ئەم قیادە بەڕێزە ئەو لەشکرەی خۆی تاقی دەکاتەوە وەك قورئان دەفەرموێ:

(٢٤٩) کاتێ کە تالوت سەربازەکانی جیا کردەوە بیری لە تاقیکردنەوەیەکی لەشکرەکەی کردەوەو وتی: بێگومان کە ﷲ ئێوە تاقی دەکاتەوە بە روبارێك، جا هەر کەسێ لەو ئاوە بخواتەوە، ئەوسا ئەوەلە من نیەو با لەگەڵ ئێمەدا نەیەتو هەر کەسێکیش لەم ئاوە نەخواتەوە لە ئێمەیە مەگەر کەسێك یەك لامشت ئاو بخواتەوە، جا هەر کەسێك لەو لا مشتە زیاتر بخواتەوە نابێ لەگەڵ ئێمەدا بێت، جا کە گەیشتنە روبارەکە جگە لە کەمێکیان نەبێ هەمو لەو ئاوەیان خواردەوە، دەڵێن: ئەو لەشکرە هەشتا هەزار کەس بووە کە حەفتاو شەش هەزاریان گوێیان بە ئامۆژگاریەکەی (تالوت) نەداو بە کەیفی خۆیان ئاویان خواردەوەو چوار هەزاری لەگەل دا مایەوە، بەڵکو وا مەشهورە کە سێ سەدو چەند کەسێکی بۆ مایەوە وەکو ژمارەی یارەکانی پێغەمبەر ﷺ لە بەدردا بە هەر حاڵ خوا دەفەرموێ: جا لەو کاتەدا کە خۆیو ئەو خاوەن باوەڕانەی کە لەگەڵیا بون تێپەڕین لەو روبارەو تەماشای کەمی خۆیانو زۆری دوژمنیان کرد وتیان: ئەمڕۆ توانای شەڕی جالوتو سەربازەکانی ئەومان نیە چونکە ئێمە کەمینو ئەوان زۆرن جالوت قیادەی کافرەکان بوو، وە تالوتیش قیادەی خاوەن باوەڕان بوو، جا خوا دەفەرموێ: ئەوانەی یەقینیان بوو کە بە خزمەتی خوای خۆیان دەگەنو حیسابیان لەگەڵ دا دەکات وتیان: زۆر جار کۆمەڵی بچوكو کەم بوە کەسەرکەوتوە بە سەر کۆمەڵی گەورەوزۆردا، بە چی؟ بە بڕیارو بە ئیزنی ﷲ واتە مادام ئێمە بۆ خوا شەڕ بکەینو خوامان لەگەڵدا بێتو یارمەتیمان بدات ئیتر زۆریو کەمی گرنگ نیەو خۆ بگرن چونکە خوا لەگەڵ خۆگران دایەو لە کاتی پێویستدا یارمەتیان دەدات. ئینجا دەفەرموێ:

(٢٥٠) جا لە کاتێکدا کە کۆمەڵی بچوکی باوەڕداران بە قیادەی تالوت روبەڕوبوەوە لەگەڵ کۆمەڵی زۆری کافری خوانەناس دا بە قیادەی جالوت، باوەڕداران وتیان: خوایە لافاوی خۆگریو ئارامی بڕژێنە بەسەرمانداو پێمان محکەمو بتەو بکە کە وەقرە بگرینو یارمەتیمان بدەو زاڵمان بکە بە سەر گەلی کافران دا.

(٢٥١) بەڵێ پەروەردگار نزاکەی لێ وەرگرتن، جا بە ئیزنی خوا ئەو کۆمەڵە بچوکە ئەوانیان شکاندو داود کە ئەو کاتە سەربازێك بوو لە ناو لەشکەری تالوت دا جالوتی کوشت کە قیادەو رەهبەری کافران بوو ئیتر ئەو لەشکرە گەورەیە تارو مار کراو ئەو لەشکرە بچوکەش سەرکەوتوانە درێژەی بە ژیانی خۆی داو خوای گەورەش نیشانەی ئازایەتیو شەهامەتی بە داود بەخشی ﷲ پادشایەتیو دانایی پێداو کردی بە پێغەمبەر پاش شمویلو فێری ئەو شتانەی کرد کە خۆی ئارەزۆی لێ بو وەك لە سورەتی ئەنبیا/٨٠ دا دەفەرموێ: ﴿فێری دروست کردنی لیباسی زرێمان کرد بۆ ئێوە﴾و لە سورەتی سەبەئدا/١٠ دەفەرموێ: ﴿ئاسنمان بۆ نەرم کرد﴾ تا چۆنی ئارەزۆ لێ بێت بەو شێوەیە لیباسی لێ دروست بکاتو لە سورەتی ساد /١٨-١٩ دا دەفەرموێ:﴿ بە راستی ئێمە چیاکانمان رام کرد بۆ داود بۆ ئەوەی لەگەڵیا بە ئێوارانو بە بەیانیان تەسبیحاتی خوا بکەنو باڵندەکانیش کۆدەکرانەوە بۆیو لە هەوادا دەوەستانو لەگەڵ داودا تەسبیحاتیان دەکرد﴾

جا فەرمو پێم بڵێن کێ نیشانەو مەدالیای ئەوەندە بە نرخی وەرگرتوە؟ بە راستی ئیش هەر بۆ خوا بکەیت چاکەو بەرهەمەکەی زۆر بە نرخە خوایە وامان لێ بکەی هەر بۆ تۆو هەر لە بەر خاتری بەرز کردنەوەی ئایینەکەی تۆ ئیش بکەین، بەڵێ دروستکارو بەدیهێنەر ی ئەم جیهانە چاك دروستکراوی خۆی دەناسێت، ئەگەر بێت ئەم پارێزگاری ئایینە تەنها هەربە قسەی روت بێتو هیچی تر بەبێگومان ستەمکاران هەرگیز پاشە کشە ناکەنو ئەم

زەویە هەمو پڕ دەبێت لە ستەمکاریو تاڵانو کوشتنو بڕینو داوێن پیسیو بەد ڕەوشتی وەك ئەمڕۆ دەبینین.
بۆیە دەفەرموێ: ئەگەر ﷲ هەندێك لە خەڵكی بە هەندێكی تری لە بەین نەبات زەوی هەموی خراپ دەبوو جاری وایش هەیە ئەو شەڕانە لەسەر ئایین نین بەڵام ئەویش هەر چاكە چونكە گەلێك مرۆڤی بێ ڕەوشتو ستەمكارو تاوانبار بەو شەڕە دەفەوتێنو خەڵك پشوویەكی ئارام دەداتو لە شەڕیان ڕزگار دەبێت. بەحەقیقەت خوا خاوەنی نیعمەتی زۆرە بە سەر هەمو عالەما. نەیفەرموە بە سەر موئمنان دا چونكە وەك وتمان: لە بەینی كافرانیش دا ﷲ ﷻ شەڕ دروست دەكاتو كافران دەدات بە گژ یەكدا، چونكە ئەگەر هەروا بمێننەوە فەساد زیاتر دەبێت كەواتە ئەم جەنگە دەبێت بە هۆی بێ هێزی كردنی هەندێكیانو لە بەین چونی هەندێكی تریان" فلله الحمد فى الاولى والاخره" لەم داستانەدا ئەم شتانە وەردەگیرێت.
یەكەم ـ زوڵمو ستەمو تاڵانیو دەركردن دەبێت بە هۆی ڕاپەڕینو تۆڵە سەندنەوە زوو یان دێر، ئەوەتە ﴿ وتیان: چۆن ئێمە لە ڕێگای خوادا شەڕ ناكەین لەگەڵ ئەوەشدا كە ئێمە دەركراوین لە ناوماڵو خێزانی خۆمان؟ ﴾
دووهەم ـ پارێزگاری وڵاتو پاراستنی وڵاتی موسڵمانان ئەركێكی ئیسلامیەو جیهادی ڕێگای خوایە.
سێهەم ـ دەست بە سەرا گرتنی موڵكو ماڵی موسڵمانان حەرامەو شەڕ لەسەر كردنی جیهادە.
چوارەم ـ موسڵمانان داوای شەڕ نەكەن بەڵام هەر كاتێ شەڕ هاتە پێشەوە مەردانە ڕادەپەڕنو تەمەڵی نەكەن وەك پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {لَا تَتَمَنَّوْا لِقَاءَ الْعَدُوِّ وَسَلُوا اللَّهَ الْعَافِيَةَ فَإِذَا لَقِيتُمُوهُمْ فَاصْبِرُوا وَاعْلَمُوا أَنَّ الْجَنَّةَ تَحْتَ ظِلَالِ السُّيُوفِ / البخاري/ئاواتی شەڕو ڕووبەڕووبونەوەی دژمن مەخوازنو داوای خۆشی لەخوابكەن جائەگەر گەیشتن پێیان، ئەوسا خۆ بگرنو بزانن كەبێگومان بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێردایە}
پێنجەم ـ جیهاد پێویستی بە ڕەهبەرو قیادە هەیە.، موسڵمان نابێت بێگەورەو ڕەهبەربێت تەنانەت پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {إِذَا خَرَجَ ثَلَاثَةٌ فِي سَفَرٍ فَلْيُؤَمِّرُوا أَحَدَهُمْ /ابوداود، حسنه الالباني/ ئەگەر سێ نەفر دەرچون بۆ سەفەر با كەسێكیان بكەن بە گەورەو ئەمیری خۆیان}
جا ئەمە بۆ سەفەر ئاوامان پێدەفەرموێ كەواتە بۆ ئیشێكی گرنگی وەك جیهاد دەبێت چۆن بێت، وە ئەم ڕەهبەرەش لە ئاسمان ناكەوێتەخوارەوە بەڵكو موسڵمانان دەبێت لەناو خۆیاندا بە ڕەچاوگرتنی مەرەجەكانی ڕەهبەر كەسێك لە خۆیان هەڵبژێن.
شەشەم ـ مەرجی ڕەهبەر زانایيو بەدەن ساخیە نە نەژادو نە دەوڵەمەندی.
حەوتەم ـ نەبون یان كەمی ماڵو سامان نەكرێت بە بەهانە بۆ نەكردنی جیهاد ﴿هەر خوایە مالیكومولكی خۆی دەدات بە هەر كەسێك كە ئارەزۆی لێ بێت ﴾.
هەشتەم ـ پارێزگاری ئایین پێویستی بە زەحمەتو جیهاد هەیە نەك لە ماڵ دا دانیشتنو هەر بڵێی ﴿اللهم ادفع الظالمين بالظالمين﴾؟! جا بەسالمینش ناوەستن دەڵێن: غانمين؟!
نۆهەم ـ پیاوانی موجاهید دەبێ تاقی بكرێنەوە تا ڕیزەكەیان پاڵفتە ببێت نەك هەر زۆرو بۆر بێت.
دەهەم ـ بەرژەوەندی نەكرێت بە بتو بپەرسترێت تەماشای ئەو هەمو تاقیكردنەوانە بكە كە كرا لەگەڵ ئەو خەڵكەی بەنی ئیسرائیلی دا﴿ بێگومان كە ﷲ ئێوە تاقی دەكاتەوە بە ڕوبارێك﴾.
یانزەهەم ـ سەركەوتنی موسڵمانان بە زۆریو كەمی نیە بەڵكو بە دەست خوایە.﴿ وتیان: زۆر جار كۆمەڵی بچوكو كەم بوە كەسەركەتوە بە سەر كۆمەڵی گەورەو زۆردا، ﴾
دوانزەهەم ـ مەرجێكی گرنگی تری سەركەوتن خۆگرتنە ﴿چونكە ﷲ ﷻ لەگەل خۆگراندایە﴾ پێغەمبەریشمان دەفەرموێ: وَأَنَّ النَّصْرَ مَعَ الصَّبْرِ / احمد، صححه الالباني / بێگومان سەركەوتن لەگەڵ خۆ گرتن دایە.}
سیانزەهەم ـ مەرجێكی تریان پاڕانەوەو نزای موجاهیدانە لە كاتی دەست پێ كردنی شەڕدا كە ئەو كاتە یەكێكە لەو كاتانەی كە نزاو دوعا قەبووڵ دەبێت ئەمانیش ﴿وتیان: خوایە لافاوی خۆگریو ئارامی بڕژێنە بەسەرمانداو پێمان

محکەمو بتەوبکە کە وەقرە بگرینو یارمەتیمان بدەو زاڵمان بکە بە سەر گەلی کافران ﴾

چواردەهەم- جیهاد کردن پارێزەری ئایینەو پێویستی بە ئەسباب هەیەو پێویستە ئەو ئەسبابانە بە گوێرەی توانای موسڵمانان ئامادە بکرێت وەك لە ئایەتی شەستی سورەتی ئەنفالدا هاتووە ﴿ئەوەی کە لەتواناتاندایە لەهێز ئامادەی بکەن...﴾ لێرەش قیادەو پێکهێنانی لەشکر ئەنجام درا ئینجا شەڕی پێکرا.

پانزەهەم- دروستە فەرماندەی موسڵمانان شتێکی زیادە بدات بەو کەسانەی کە لە ناو لەشکرەکەدا شتی گرنگو گەورە دەکەن وەك پێغەمبەرمانﷺ ئەفەرموێ: {وَمَنْ قَتَلَ قَتِيلًا فَلَهُ سَلَبُهُ/البخاري/هەر کەسێ کەسێکی کافر بکوژێت هەرچی پێیە بۆ ئەوە}

لێرەشدا خوای گەورە سەبارەت بە داود کە جالوتی کوشت دەفەرموێ:﴿ داود کە ئەو کاتە سەربازێك بوو لە ناو لەشکەری تالوت دا جالوتی کوشت کە قیادەو رەهبەری کافران بوو.. خوای گەورەش نیشانەی ئازایەتیو شەهامەتی بە داود بەخشی ﷻ پادشایەتیو دانایی پێداو کردی بە پێغەمبەر ﴾

شانزەهەم- شەڕو لێکدان سونەتێکی خواییەو دەبێ تا قیامەت ببێت بۆیە پێغەمبەریشمان دەفەرموێ:{ لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الْحَقِّ ظَاهِرِينَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ قَالَ فَيَنْزِلُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ فَيَقُولُ أَمِيرُهُمْ تَعَالَ صَلِّ لَنَا فَيَقُولُ لَا إِنَّ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ أُمَرَاءُ تَكْرِمَةَ اللَّهِ هَذِهِ الْأُمَّةَ/مسلم وغيره/ هەمیشە بەشێك لەم ئوممەتەم لەسەرئايين شەڕ دەکەنو دیارن هەتا رۆژی قیامەت فەرموی: جاعیسای کوڕی مریەم ﵇ دادەبەزێت، ئەوسا ئەمیرەکەیان دەڵێ:وەرە ببە بەئیمامان، دەفەرموێ: نەخێر بەراستی دەبێ هەندێکتان پیشەوای هەندێکتان بن کە ئەمە رێزێکی خوایە بۆ ئەم ئوممەتە}

کەوابو جیهاد تا رۆژی قیامەت دەمێنێت لێرەش دا فەرموی: ﴿خوای گەورە ئەگەر هەندێك لە خەڵکی بە هەندێکی تری لە بەین نەبات زەوی هەموی خراپ دەبوو﴾

۞ تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍۘ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُۖ
وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَٰتٍۚ وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ
وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِۗ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلَ ٱلَّذِينَ
مِنۢ بَعْدِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ وَلَٰكِنِ ٱخْتَلَفُوا۟
فَمِنْهُم مَّنْ ءَامَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلُوا۟
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿٢٥٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنفِقُوا۟
مِمَّا رَزَقْنَٰكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا
شَفَٰعَةٌۗ وَٱلْكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٥٤﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ
ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُۚ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌۚ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا
فِى ٱلْأَرْضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ
أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا
شَآءَۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَاۚ
وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾ لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشْدُ
مِنَ ٱلْغَىِّۚ فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ
ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾

﴿٢٥٢﴾ ئا ئەوەی کە باسمان کردو خوێندمانەوە هەموی نیشانەکانی خودان کەدەی خوێنینەوە بە سەرتا و بێگومان تۆ ئەی محمد ﷺ یەکێکی لە پێغەمبەران.

﴿٢٥٣﴾ ئەوانە پێغەمبەرانن کە ئێمە هەندێکمان بەرز کردوە بە سەر هەندێکیاندا هەندێکیان خودا قسەی لەگەڵ کردوە وەك موساو پێغەمبەرمانو ئادەم سەلاتو سەلامی خوا لە هەمویان، هەندێکیانی چەند پلە بەرز کردوەتەوەو بە عیسای کوڕی مریەم نیشانە گەلی ئاشکرای دا، ئەوە بوو کە بە ئیزنی خوا مردوی زیندو دەکردەوە کوێرو کەچەڵی چاك دەکردەوە، هەروەها لە قوورِ تەیری دروست دەکردو فوی پێدا دەکردو گیانی تێ دەکەوتو زیندو ئەبوويەوە ئەوانە هەمويان نیشانەی ئاشکرا بون ئێمە یارمەتیمان دا بە روح القدس، واتە: بە روحێکی پیرۆز. ئایا ئەو روحە پیرۆزە بوو کە مردوی پێ زیندو دەکردەوە؟ یان مەبەست لەروح القدس جبرائیلە کە جبرەئیل پاڵپشتی بوو یارمەتی دەدا. خۆ ئەگەر خوا ئارەزۆی بکردایە هیچ کەس شەڕی نەدەکرد پاش هاتنی ئەوان چونکە راستو ناراستیان بۆ جیا دەکردنەوەو لەسەر

راستیو دروستی خۆیان دەیان بەلگەی رۆشنیان پێشان دەدان بەلام ناکۆکی لە نێوانیان دا پەیدا بوو، جا هەندێکیان باوەڕیان هێناو هەندێکیشیان کافر بون دیارە ئەوان خۆیان ناکۆکیان دروست کرد، واتە: ئەگەر خوا ئارەزۆی لێ بوایە ئەی دەهێلا نیزاع ببێ، بەلام بڕیاری خوا لەسەر ئەوە نیە کە کەس بە زۆر موسلمان بکات چونکە دروستبونی ئێمە لە دنیادا بۆنەمانی بەهانەیە، جا ئەگەر بە زۆر خەلکی موسلمان یان کافر بکات ئیتر سوود لە دروستبونی دنیامان دا نامێنێتو ئەو ئایەتانەی کە مانای ئەوە دەگەیەنن کە ئەگەر خوا مەیلی لێ بێت خەلکی رێنمایی دەکاتو ئەی کات بە موسلمان یان ئەگەر ئارەزۆی لێ بێت هەر کەس هیدایەت بدات هیدایەتی دەداتو هەرکەسێکیش خوا گومڕای بکات کەس ناتوانێت هیدایەتی بدات ئەمانە راستنو بەلگەی کەمالی قودرەتو دەسەلاتی خوداوەندن، بەلام خوا بڕیاری داوە کە ئەوە نەکات، واتە: نە کەس بە زۆر موسلمان بکات وە نە کەس بە زۆر گومڕا بکات بەلکو مرۆڤی کردوە بە سەر پشکو خۆی دەتوانێ رێگا هەلبژێرێ بۆ خۆی وەك لە ئایەتی بیستو نۆی ئەلکەهفدا دەفەرموێ:﴿جا هەر کەس ئارەزۆی لێیە سا با باوەڕ بهێنێو ئەوەش کە ئارەزۆی لێیە با کافرببێ﴾ بەلام ﷻ هەرچی خۆی ئیرادە بکات دەیکاتو کەس ناتوانێت رێگای بگرێت، وە ئەم ئیرادەش دوو بەشە ئیرادەی کەونیو ئیرادەی شەرعی، جا بۆ ئەوەی چاکتر لەو ئایەتانە شارەزا ببیت ئەم چەند دێڕە سەبارەت بە ئیرادە دەنووسین چاکی بزانە بۆ ئاییندەت بە کەلکە .

ئیرادەی خوای خاوەن دەسەلات دوو بەشە: یەکەم ـ ئیرادەی کەونی ئەم بەشە هەر چۆنێك خۆی ئیرادە دەکات وەها دێتە دیو کەمو زیادی نابێت.

دووەم ـ ئیرادەی شەرعی کە ئەم بەشەی مەرج نیە بێتە دی جیاوازی نێوانیان بەم شێوەی خوارەوەیە

الف ـ ئیرادەی کەونی حەتمەن دێتە دی ئیرادەی شەرعی مەرج نیە بێتە دی

ب ـ ئیرادەی کەونی مەرج نیە خوا خۆی پێ خۆش بێت بەلام لە بەر حیکمەتێك کە خۆی دەیزانێت ئەی کات وەك دروست بونی کوفرو شەیتان بەلام ئیرادەی شەرعی، خوا پێی خۆشە وەك باوەڕ.

ج ـ ئیرادەی کەونی خۆی مەبەست نیە بەلکو لە بەر شتی تر مەبەستە وەك دروستبونی شەیتان ئەمە بە ئیرادەی کەونی خوا دروست بووە نەك لە بەر خاتری خۆی بەلکو بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤە، بەلام ئیرادەی شەرعی، هەر خۆی مەبەستە وەك رەوانە کردنی پێغەمبەرانو باوەڕ هێنانی خەلك بەوان. بە کورتی هیچ شتێك لەم بونەوەرەدا بەبێ ئیرادەی خوا روونادات بەلام دەبێ بزانین ئیرادەی خوا بەم شێوەیە کە باسمان کرد. بۆ نمونە — کوفری ئەبو جەهل ئیرادەی کەونی خوا بوە باوەڕی ئەبو بەکریش هەر ئیرادەی کەونی خوا بوە چونکە هاتوەتە دیو هەم ئیرادە شەرعیە چونکە خوا بەو بیرو باوەڕە رازیەو پێی خۆشە واتە هەردوو ئیرادە هەندێك جار یەك دەگرنو هەندێ جاریش لە یەکتر جیا دەبنەوە وەك کوفر بۆ کافران ئەمە هەر کەونیەو باوەڕ بۆ هەمو خەلك ئەمەش ئیرادەشەرعیە بەلام نایەتە دی بۆ هەمو خەلك. ئینجا دەچینەوە سەر ئایەتێکی تر کە دەفەرموێ:

٢٥٤ ئەی خاوەن باوەڕان شت ببەخشن لەوەی کە پێمان داونو ئەمانەتە لاتان لە پێش ئەوەی کە رۆژێك بێت کە نە مامەلەو نە دۆستایەتیو نە شەفاعەتی تێدایە کە رۆژی قیامەتەو بە راستی هەر کافرانن ستەمکارن.

٢٥٥ خودایەو هیچ پەروەردگارێکی تر نیە کە شایستەی پەرستن بێت بێجگە لە ئەو کە زیندوەو هەمو شتێك کە گیانی تێدایە بە هۆی ئەوەوە دەژیتو سەرپەرستی هەمو شتێکەو هیچ شتێك بە بێ ئەو خۆی پێ راگیر ناکرێت نەخەوە نوچکە دەیگرێت نەدەخەوێت، چونکە خەو بۆ حەسانەوەیە خوا هەرگیز ماندو نابێت تا پێویستی بە خەو ببێت، بۆ خوایە ئەوەی کە لە ئاسمانانو زەوی دایەو هەمو مولکیەتی جا کێ هەیە بتوانێت شەفاعەت بکات لە لای خوا مەگەر بە ئیزنی خۆی وەك دەفەرموێ: ﴿مەگەر دوای ئەوەی کە ئیزن بدات بۆ کەسێك کە ئارەزۆی لێ بێتو رازی بێت﴾نەجم/٢٦

ئەمە قسەی ئەو کەسانە هەڵ دەوەشێنێتەوە کە دەڵێن: هەر کەس ئارەزۆی لێ بێت شەفاعەت دەکات بۆ هەر کەسێك کە خۆی بیەوێت، بەڵێ شەفاعەت هەیە بەڵام بەو مەرجانەی کە باسمان کرد، جا کەی ژیرانەیە کەسێك بە بۆنەی شەفاعەتەوە پشتوێنی لێ بکاتەوەو هیچ خۆی زەحمەت نەدات بۆ نمونە دەرمانی دژی ژەهر هەیە جا کەی ژیرانەیە کابرا بڵێت من ژەهر دەخۆم، چونکە دەرمانەکەی هەیە. ئینجا دەفەرموێ: ئاگای لە ئاییندەو رابردویان هەیەو وەهیچ شتێك لە عیلمی خوا بە تەواوی نازانن‌و ئەو زانایيەی کە مرۆڤ هەیەتی لە چاو زانایی خوا دا زۆر کەمە وەك لە سورەتی ئیسرا /٨٥ دا دەفەرموێ:﴿ئەوەی کە بە ئێوە دراوە لە زانستی هەر زۆر شتێکی کەمە﴾ ئینجا پاش باسکردنی فرەوانی زانینی باسی دروستکراوێکی گەورەی تر دەکات‌و دەفەرموێ: کورسیەکەی خوا لە ئاسمانان‌و زەوی گەورو فرەوانترەو پاراستنی ئاسمانان‌و زەوی بارێکی گران نیە لای ئەو زاتەو هەر ئەوە خاوەن شکۆو گەورەیە گەورەیەکی وایە کە هەمو گەورەکان لە بەر دەستیا بچوك‌و فرمانبەرو داماون.

ئەم ئایەتە بەرێزترین ئایەتی قورئانەو بەناوبانگە بە(ئایەتەلکورسی)و چەندین فەرمودەی پێغەمبەرﷺ لە بارەیەوە باسکراوە. ئەسەحی ریوایەت ئەوەیە کە خوێندنی ئەم ئایەتە دەبێت بە هۆی دوور کەوتنەوەی شەیتان لە مرۆڤ کە لەم بارەوە داستانێکی مەشهور هەیە لە ئەبوو هورەیرەوە ﷺ کە بوخاری لە چەند جێگا باسی کردوە لێرەش ئەم ریوایەتەی ئیمامی ئەحمەدو ئیمامی موسلیمتان بۆ باس دەکەین کە دەڵێت:{ عَنْ أُبَيٍّ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ سَأَلَهُ أَيُّ آيَةٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ أَعْظَمُ قَالَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ فَرَدَّدَهَا مِرَارًا ثُمَّ قَالَ أُبَيٌّ آيَةُ الْكُرْسِيِّ قَالَ لِيَهْنِكَ الْعِلْمُ أَبَا الْمُنْذِرِ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّ لَهَا لِسَانًا وَشَفَتَيْنِ تُقَدِّسُ الْمَلِكَ عِنْدَ سَاقِ الْعَرْشِ وَهَذَا لَفْظُ حَدِيثِ أُبَيٍّ عَنْ عَبْدِ الرَّزَّاقِ /احمد ومسلم/

لە ئۆبەیی کوڕی کەعبەوە هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێ کرد کە ئایا دەزانی کام ئایەت لەو کتێبەی خوا کەلاتەگەورەترە لە هەموان؟ ئۆبەیی وتی: خواو پێغەمبەرەکەی دەزانن. چەند جارێك پێغەمبەر ﷺ ئەم پرسیارەی دووبارە کردەوەو لە پاش دا ئۆبەیی، وتی: وتم ئایەتەلکورسی. پێغەمبەرﷺ دای لەسەر سینگم‌و فەرموی: زانست تۆی لەخەم رەخساندوە پیرۆزت بێت ئەی باوکی مونزیر سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستە ئەو سوورەتە زمانێك‌و دوو لێوی هەیە کە لەلای قاچی عەرش دا زیکری پادشا دەکات}

بەم شێوەیە دەرکەوت کە ئەم ئایەتە ئایەتێکی گەورەی قورئانەو پێکهاتوە لە دە رستەی سەر بە خۆو پێنج ناوی خوای تێدایە کە لە راستی دا کۆکەرەوەی هەمو ناوەکانی خودان (ٱللَّهُ، ٱلْحَىُّ، ٱلْقَيُّومُ، ٱلْعَلِىُّ، ٱلْعَظِيمُ) منیش داوا لەرۆڵەی موسڵمانان دەکەم کەلە بەری بکەن‌و پاش نوێژکان وکاتی خەوتنان‌و کاتی ترس بخوێنن چونکە ئایەتێکی زۆر گەورەیە،

لەئەبو ئومامەی باهیلیەوە هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: {مَنْ قَرَأَ آيَةَ الْكُرْسِيِّ فِي دُبُرِكُلِّ صَلاَةٍ مَكْتُوبَةٍ لَمْ يَحِلْ بَيْنَهُ وَبَيْنَ دُخُولِ الْجَنَّةِ إِلاَّلْمَوْتُ/ مسلم وغيره/ هەر کەسێك لەپاش هەمو نوێژە فەرزەکان ئایەتەلکورسی بخوێنێت هیچ شتێك نابێ بەرێگر لەنێوان ئەو ولەنێوان چونە بەهەشتەوە جگە لەمردن}. کورسی یەکێکە لەمەخلوقە گەورەکانی ﷻ، لەبارەی گەورەی ئەو مەخلوقەی خودا پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی: {مَا السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ فِي الْكُرْسِيِّ إِلاَّ كَحَلْقَةٍ بِأَرْضٍ فَلاَةٍ وَفَضْلُ الْعَرْشِ عَلَى الْكُرْسِيِّ كَفَضْلِ تِلْكَ الْفَلاَةِ عَلَىَ تِلْكَ الْحَلَقَةِ /السلسلة الصحيحة/ هەر حەوت ئاسمانگەکان لەچاو کورسیدا وەك هەڵقەیەك وان لەناو دەشتێکداو گەورەیی عەرشیش بەسەر کورسیدا وەك گەورەیی ئەودەشتە وایە بەسەر ئەو هەڵقەدا}. وە ئیبنو عەباس دەڵێت: {الْكُرسيُّ مَوضِعُ الْقَدَمَينِ وَالْعَرْشُ لا يَقدِرُ قَدْرَهُ إلا اللهُ تَعَالى/ قال الألباني: صحيح موقوفا/ کورسی جێگای هەر دوو پێی ﷲ یەو عەرشیش کەس ئەندازەی نازانێت جگە لە ﷲ} ئەمە قسەی سەحابیەکە لە بارەی شتێکی غەیبیەوە بێگومان قسەی ئەوانیش لە بارەی غەیبەوە حوکمی فەرمودەی گەیەنراو (المرفوع) بە پێغەمبەری هەیە. ﴿مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ ﴾ بۆ لە مەو بەر لە مەو دوا مانا کراوە هەروەها ﴿وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾ وشەی﴿سِنَةٌ ﴾وەنەوزە.

ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ
وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَوْلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ
ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ هُمْ فِيهَا
خَٰلِدُونَ ﴿٢٥٧﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِى حَآجَّ إِبْرَٰهِۦمَ فِى رَبِّهِۦٓ
أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِۦمُ رَبِّىَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ
وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحْىِۦ وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَٰهِۦمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأْتِى
بِٱلشَّمْسِ مِنَ ٱلْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ ٱلْمَغْرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِى
كَفَرَ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٥٨﴾ أَوْ كَٱلَّذِى مَرَّ
عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْىِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ
بَعْدَ مَوْتِهَا فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِا۟ئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُۥ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ
قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِا۟ئَةَ عَامٍ
فَٱنظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَٱنظُرْ إِلَىٰ
حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ ءَايَةً لِّلنَّاسِ وَٱنظُرْ إِلَى
ٱلْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا
تَبَيَّنَ لَهُۥ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٥٩﴾

(٢٥٦) زۆر کردن نیه بۆ وەرگرتنی ئایین هەر کەس ئەبێ خۆی هەوڵ بداتو لە ئایین شارەزا ببێتو بە ئارەزۆی خۆی وەری بگرێت بە راستی چاكو خراپ رۆشن کراوەتەوە بۆ خەڵك. لێرەدا ئەوەمان تێدەگەیەنێت کە بە زۆر ئایین ناسەپێندرێت بە سەر خەڵك دا بەڵکو دەبێ خەڵك بۆ خۆی بگات بە قەناعەتو باوەڕ بهێنێت ئەمە دژایەتی ئایەتەکانی جیهاد ناکات، چونکە مرۆڤ بێ سەرپەرستو یاسا ژیانی بۆ ناکرێت جا یا دەبێت یاسای خودا فرمان رەوا بێت یان یاسای نەزانی، جا با هەر ناوێکی هەبێت وەك لە ئایەتی پەنجای سورەتی مائید دەفەرموێ: ﴿ئایا فرمانی نەزانیتان دەوێت؟ کێ هەیە جوانتر لە خوا بێت لە لایەنی فرمان دانانەوە بۆ گەلێك کە گەیشتبێتە دڵنیایی؟﴾

دەی بۆ فرمان رەوایی یاسای ﷲ دەبێ جیهاد بکرێتو فەرمانەکانی ئەو جێ بە جێ بکرێت بەڵام بۆباوەڕ هێنان بەئیسلام کابرا بەدەست خۆیەتیو زۆری لێ ناکرێت، ئەگەر چی خوا رازی نیە بە کوفرو بێ باوەڕی. لێرەدا لەوانەیە بڵێن دەی ئەوە دیکتاتۆریە، لە وەڵام دا دەڵێین: هەمو خەڵك کومۆنیستی یان سۆسیالیستی یان دیموکراسی تۆیان قەبووڵ نیە ئەی تۆ بۆ ئەم هەمو ئاگرو ئاسنە بە کار دێنیت بۆ رام کردنی خەڵكو بە پەسەندیشی دەزانیتو لاڤ مرۆڤدۆستیو دیمورایش لێدەدەیت لەحاڵێکدا تائێستا ئەوەی کەئێوە ئەو هەموهاتو هاوارەی بۆدەکەن نەبوەو نەدێتە دی چونکە پەیڕەوی کردنی ئارەزۆاتەو ئارەزۆکانیش هیچ کات یەك ناگرن کەواتە خەوێکەو هەرگیز نایەتەدی؟ ئەی بۆ ئیسلام مافی ئەوەی نیە کەئەوەی بۆ بکرێت بە مەرجێك یاساکەی تۆ دەست کردی کۆمەڵێ خەڵکە کەخۆیشی ئاگای لە ئاییندەی خۆی نیەو بە ئارەزۆی تاقمێکە، بەڵام یاسای ئیسلام هی دروستکەری خەڵکەو بۆ هەمو کەس وەکو یەك وایەو ئاییندەی هەمو کەسیش دەزانێتو زیاتر لەهەزار ساڵ بەسەر ملیاردها مرۆڤدا فرمانڕەوای کردوەو زێڕین ترین کاتی مرۆڤایەتی ئەو کاتە بوە کە بە چاکی پەیڕەوی کراوە، واتە دڵنیابن ئەوەی کەئێوە دەی پەرستن مافی پەرستنی نیەو دوای کڵاوی بابردو کەوتون بەڵام خوای داناو زاناو کار بەجێ کەتۆی لەهیچەوە هێناوەتە دنیاو ئەوهەمو جیهازو دەسگا گرنگو سەیرو سەمەرانەی پێداویتو پاشان دەتمرێنێ، ئینجا زیندویشت دەکاتەوە بۆ حیساب هەر ئەو مافی پەرستنی هەیە، بۆیە مەرجی باوەڕی راستەقینەش ئەوەیە کەبە تەواوی قەناعەتەوە خۆی پاڵ بەو هەمو خوا دەست کردانەوە بنێتو خوای راستەقینە بپەرستێت بۆیە دەفەرموێ: جا ئەو کەسەی کە کافر بێت بە تاغوتو باوەڕ بهێنێت بە خوا بەراستی ئەوە دەستی گرتووە بە دەستەیەکی زۆر بتەوومحکەمەوە کە سەرێکی لای ئەوەو ئەو سەرەکەی تری وا لە لای خوادا کە هەرگیز بچڕانی نیەو دەگات بە خۆشیو خۆشبەختی هەر دوو دنیا، بەراستی خوا بیسەرو زانەرە بە ئیشەکان. (الطاغوت) واتە هەر شتێك بێجگە لە خوا بپەرسترێت ئیتر ئەو شتە گیان دار بێت وەك شەیتانو گەورەکان یان بێ گیان وەك پارەو مەقامو شورەت، لە ترسا بێت وەك پەیڕەوی کردنی رەئیسەکان یان لە خۆشەویستیدا بێت وەك پارەو ئافرەت هیچ فەرقی نیە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {تَعِسَ عَبْدُ الدِّينَارِ وَالدِّرْهَمِ وَالْقَطِيفَةِ وَالْخَمِيصَةِ إِنْ أُعْطِيَ رَضِيَ وَإِنْ لَمْ

يُعۡطَ لَمۡ يَرۡضَ / البخاري/ بمرێت بەندەی دینارو درهەمو پارچە مەغمەڵی و پارچەی پۆشاك ئەگەر پێی درا رازییەو ئەگەر پێی نەدرا ناڕازیە} کەواتە پەرستن هەرمانای سوجدە بۆ بردن نیە، بەڵێ پەیرەوی هەر شتێك بکەیت یان یاساکەی قەبوڵ بکەیت ئەوە پەرستنە. جا ئەگەر پەیرەوی ﷲ و یاسای ئەوت کرد ئەوە بەندایەتی پەروەردگارت کردوە بەڵام ئەگەر شوێنکەوتوی یاسایەکی تر بیت ئەوە بەندایەتی جگە پەروەردگارت کردوە.

(٢٥٧) ﷲ دۆستو یارمەتی دەری باوەڕ دارانەکە رزگاریان دەکات لە تاریکاییەکانەوە بۆ رۆناکی بەڵام ئەوانەی کە خوا نەناسن دۆستو یارمەتی دەرانیان تاغوتەکانن نەك رزگاریان ناکەن بەڵکو لە روناکی یەوە دەیان بەن بۆ تاریکاییەکان، جا تەماشا کەن چەند جیاوازیان زۆرە وتراوە: ژیر ئەوەیە خۆی تەمێ بکات.

لێرەدا وشەی ﴿ ٱلنُّورِ ﴾ ی بە تاك فەرموە بەڵام وشەی ﴿ ٱلظُّلُمَٰتِ ﴾ بە کۆ فەرموە، (نور) واتە: رێبازی ئیسلام کە تەنها یەك رێگایە وەك لە سورەتی ئەنعام دا دەفەرمویّ: ﴿بێگومان ئەمەیە رێگای من کە راستە جا دوای بکەونو دوای رێچکەکانی تر مەکەون، چونکە بەش بەش تان دەکاتو دورتان دەخاتەوە لە رێگای ئەو﴾
بەڵام لادان لە رێگای خودا چەندەها تاریکی دێنێت وەکو تاریکی عەقڵو تاریکی نەفسو تاریکی پەیرەوی کردنی شەیتانو تاریکی دنیا پەرستیو ستەم کاریو دەیان تاریکی تر کە بە هۆی لاریّ بونو دوور کەوتنەوە لە ئایینی خودا توشی خەڵك دەبێت ئەمە تەنها لە دنیاداو لە رۆژی دوایشدا رۆژیان لەم رۆژانەی دنیا چاکتر نیە، وەك دەفەرمویّ: ئەوانە هاورێی ئاگرنو بۆ هەمیشە لە ناوی دا دەمێننەوە. ئینجا ﷲ داستانێکی ترمان بۆ باس دەکاتو دەفەرمویّ:

(٢٥٨) وشەی (تَرَو) بە مانای بینینو زانین دێت، لێرە مەبەست دووهەمە، واتە: تۆ خەبەرت نیەو نازانیت کەچۆن ئەو کەسەی کە دەمە دەمەی کرد لەگەڵ ئیبراهیمدا لە بارەی خوای خۆیەوە، جا دەگونجێت ئەم (ە) هایە بۆ ئیبراهیم بێت لە بارەی خوای ئیبراهیمەوە یان بۆ کابرای دەم باز بگەڕێتەوە وەك مانامان کرد دەڵێن: ئەم کابرای دەم بازە نەمروود بووەو خۆی بە خوا دەزانیو ئەم دەمبازیەشی لە بەر ئەوەبو کە خوا دەوڵەمەندی کرد بوو سەروەتو پاشایەتی پێ دابو جا لە خۆی بایی ببو دژایەتی ئیبراهیمی دەکرد لە بارەی خواوەو هەر خۆی بە خوا ئەزانی، ئەو کاتەی کە ئیبراهیم گوتی: خوای من ئەو کەسەیە کە زیندوو دەکاتەوەو دەش مرێنێت، دەڵێن ئەویش دوو نەفەری هێنا یەکێکیانی کوشتو ئەوی تریانی بەرەڵا کرد، وتی: منیش زیندوو دەکەمەوەدەمرێنم، واتە: منیش مردن وژیانم لێدێت ئابەم شێوەیە ئیدعای خوایەتی دەکرد، ئینجا ئیبراهیم وتی: مادام تۆ بەم کارەت وا دەزانیت کە ژیانو مردن بە دەست تۆیەو هەموو گۆڕانکاریەکت پێدەکرێت، دەی خوا خۆر لە رۆژهەڵاتەوە دەر دەهێنێت تۆ ئەگەر راست دەکەیتو گۆڕانکاریت بە دەستە دەی لە رۆژئاواوە بیهێنەرەوە، ئەوسا ئەم خوا نەناسە ماتو داماو بوو هیچ وەڵامی بۆ نەمایەوە، بەڵێ مرۆڤێکی زاڵم بو، وە بە راستی خواش رێنمایی گەلی زاڵم ناکات.گەلێك کە زولمو ستەم بکات ﷲ نایخاتە سەرە رێگای راست دەڵێن: ئەو کابرایە هەر باوەڕی نەهێناو بە هەمو هێزیەوە دژایەتی ئیبراهیمو ئایینەکەی کرد تا ﷲ مێشوولەی زاڵ کرد بە سەریاو کوشتیو ناوو کرداری ئیبراهیمیش بوو بە پاشماوەیەکی چاكو لای هەمو خەڵك مایەوە. ئینجا داستانێکی گرنگی ترمان بۆ باس دەکاتو دەفەرمویّ:

(٢٥٩) ئایا هەواڵی ئەو کابرایەت پێ نەگەیشتوە کە بە لای گوندێکدا تێ پەڕی کە وێران ببوو دارو بەردی کەوتبو بەسەر یەکداو خەڵکەکەی هەموویان مرد بون، جا وتی: خوا ئەمانە چۆن زیندو دەکاتەوە؟ (پرسیار دەکات بۆ ئەوەی چۆنیەتی زیندوبونەوەی بۆ دەرکەوێت) جا خوا ئەو کابرایەی سەد ساڵ مراند، کە خۆرادنو خواردنەوەو گوێ درێژێکیشی پێبو بۆ سواری، پاشان زیندوی کردەوەو فەرموی: چەندێکە لێرەیت؟ وتی: رۆژێك یان تاقێکە من لێرەم، کاتێ تەماشای گوێدرێژەکەی دەکرد کە هەر

ئێسقانەکەی مابوو پێی وابو دەمێکە لێرەیە، بەڵام کە تەماشای خواردنەکەی دەکرد کە نەگۆڕابوو پێی وابو کە زۆر نەماوەتەوە بۆیە وتی: تاقێکە. خوا فەرموی: نەخێر وانیە کە تۆ دەزانیت بەڵکونەوە سەد ساڵە تۆ لەوێدایت، دەی بیر لە تواناودەسەڵتی ئێمە بکەرەوەو تەماشایەکی خواردنو خواردنەوە کەت بکە کە هیچ گۆڕانکاریەکیان بە سەر دا نەهاتوە دەڵێن: ترێو هەنجیرو ئاوی مێوەی پێ بوە ئەمانە هیچ کامێکیان نەگۆڕا بون، جا ﷲ لە رێگای فریشتەوە پێ فەرمو: تەماشای گوێ درێژە کەت بکە کە چی لێ هاتوەو چۆنی درست دەکەینەوەو ئێمە تۆو بە سەر هاتەکەت دەکەین بە بەڵگەی زیندو کردنەوە بۆ خەڵكو تەماشای ئێسقانەکان بکەو بزانە چۆنی راست دەکەینەوە لە پاشدا بە گۆشت ئێسقانەکانی دا دەپۆشین دەڵێن: ئێسقانی ئەو گوێ درێژە بە راستو بە چەپ دا بڵاو ببو ئەوەندەی بەسەردا تێ پەڕیبوهەموی سپی ببوەو ﷲ بایەکی نارد هەموی کۆکردنەوەو هەر پارچەیەکی لە شوێنی خۆیدا داناو بو بە گوێدرێژێکی ئێسقانیو لە پاشدا خوا دای پۆشی بە گۆشتو رەگو پێستو فریشتەیەکی نارد فوی کرد بە هەردوو کونە لووتی داو کوتو پڕ سەڕاندی، ئەم کابرایە دەڵێن: عوزەیر پێغەمبەر بوە، جا کاتێ ئەمەی هەمو بە چاوی خۆی دی وتی: من دەزانم خودا دەسەڵاتی بە سەر هەمو شتێك دا هەیەو لەم زەمانەدا کەس ئەو زانایییەی منی نیە چونکە من بە چاوی خۆم زیندو کردنەوەم دیوە.

ئەم داستانەی عوزەیر پێغەمبەر پەندو حیکمەتی زۆری تێ دایە بۆ زۆربەی خەڵکی نەفامو نەزانو لەدین تێنەگەیشتوو ئەوانەی کە لە غەیری ﷲ هاوار دەکەنو دەپاڕێنەوە، پێیان وایە کە بەردێك یان دارێك یان قەبرێك یان پیاو چاکێك یان پێغەمبەرێك یان شێخێك وەڵامی داواکاریەکانیان دەداتەوە کاتێ کە بانگیان دەکەنو لێیان دەپاڕێنەوە، یان شیفای نەخۆشییەکەیان دەدات، یان داوای منداڵ لە قەبرێك دەکەن (سبحان ﷲ) پاكو بێگەردی بۆ خوای تاكو تەنهاو بێ شەریکە، غەیری خوا کەس هیچ شتێك لە پەنهانیەکان نازانێت. من دە پرسمو دەڵێم: ئایا ئەگەر پێغەمبەرێك خوای گەورەو خاوەن دەسەڵات سەد

ساڵ بیمرێنێت، ئینجا دوای ساڵ زیندوی بکاتەوەو پرسیاری لێ بکات چەندێکە مردویت؟ وەڵام بداتەوە بڵێت خوایە رۆژێکە یان دانی رۆژێکە مردوم. جا ئەگەر کەسێك پێغەمبەری خوا بێت ولەهەمو شێخێك شێختر بێتو وەلیو دۆستی ﷲ بێت سەد ساڵ بمرێت نەزانێت چەندە مردوەو ئەم سەد ساڵە ئاگای نە لەم دنیایەو نە لەو دنیایە بێت بەنەسی ئایەتی قورئان ئەی دەبێ بێجگە لە خوای خاوەن دەسەڵات کێی ترهەبێت لەو گەورترو پایەبەرزتر ئاگای لە داخوازییو پاڕانەوەکانی ئێوە بێت؟ قورئانی پیرۆز کە شەش هەزارو دووسەدو ئەوەندە ئایەتە بەلای کەمییەوە شەش هەزار ئایەتی باسی عەقیدەیە، لەگەل ئەوەشدا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی توشی سەدان جۆر نەخۆشی شیرك بوون! بۆ لە قورئانەکەت ورد نابیتەوە؟ بۆ لەو خوایە ناپاڕێنەوە کە زیندوەو نامرێ؟ بۆ لە مردوو داوادەکەن؟ خۆ ئەگەر ئێوە دەڵێن ئەوانەی کە ئێمە داوای یارمەتیان لێ دەکەین ئەوانە واسیتەمان بۆ دەکەن لەلایەن ﷲ، ئایا تۆخۆت نازانی کە واسیتە تەنها لە حوکمی زاڵم دا هەیە؟ خۆ ﷲ سیفەتی زوڵمی نیە تا پێویست بە واسیتە بکات. سیفەتێکی ﷲ عەداڵەتە، خۆ هەر حاکمێکیش عەداڵەتی هەبو پێویستی بە واستە نیە ! جا باش بیر بکەرەوەو بزانە کە لە هەر شوێنێکدا واسیتە هەبو بە یەقین زوڵم زاڵە بەسەر عەداڵەت دا.

خۆ ئەگەر هەندێك بیر لەم قورئانە بکەیتەوە جا دەزانی موشریکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ بە دەقی ئایەتی قورئان کەسیان ئینکاری خوایەتی خوایان نەکردوە، ﷲ دەفەرموێ: ئەی محمدﷺ، پرسیار لەو موشریکانەی وەك ئەبو جەهلو دارو دەستەکەی بکەوبڵێ کێ ئاسمانەکانو زەوی دروستکردوە؟ کێ بارانتان بۆ دەبارێنێ؟ ﴿لَيَقُولُنَّ اللَّهُ﴾ دەیان وت: ﷲ، بەڵکو موشریکەکان دەیان وت: ئەی محمد ﷺ ئێمە دەزانین ئەوانەی کە بانگیان دەکەینو لێیان دەپاڕێینەوە خوانین بەڵکوئەمانە تەنها واسیتەن لە بەینی ئێمەو ﷲدا ﴿ ئێمە تەنهابەندایەتی ئەوان بۆ ئەوەدەکەین کە لە ﷲ نزیکمان بکەنەوە﴾ زومەر/٣.

خۆ موشریکەکان حەجیان دەکرد، هەمیشەخزمەتی ماڵی خوایان دەکردو ناویان بە حاجیانی ماڵی خوا دەدا ،

وەهەمیشەیش نە تەنها تەوافی ماڵی خوایان دەکرد، بەڵکو بۆ تەوافیش لیباسیان لەبەرخۆیاندا نەدەهێشتو دەیان وت: نابێت ئەو بەرگو لیباسەی کە ئێمە گوناهمان پێوە ئەنجام داوە تەوافی ماڵی خوای پێ بکەین، بەڕوتی تەوافیان دەکرد لەبەر زۆر ڕێزلێنان لە ماڵی خوا ! دەی بۆچی بە موشریك ﷲ ناویان دەبات؟ ئینکاری خواکردن کوفرە، باوەڕبوون بەخواو پەیڕەوی نەکردنی هەر کوفرەو باوەڕبون بەخواو پەیڕەوی کردنی هەندێ لەویاسانەی کەبەسودی بێتو دژایەتی کردنی هەندێکی کە بە سودی نەبێت کوفرە، ناسینی خواو ئەنجامدانی فرمانەکانیو سپاردنی هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی خوایەتی وەك منداڵ پێدانو شیفادانو زیادوکەمکردنی ڕۆزیو قوربانی بۆکردنو سپاردنی ئەمانە بە غەیری خوا شیرکەو پێی کافر دەبێت، جا هەر کەسێك بەو تاوانەوە بمرێت دۆزەخ بۆ هەمیشە جێگەیەتی.

کەواتە موشریك ئەوەیە باوەڕی بە خوا هەیەو عیبادەتی خواش دەکات، بەڵام لەگەل خوا پەرستیەکەیشی دا پەنا بۆ غەیری خوا دەباتو هاوار لە غەیری خوا دەکات و پێی وایە جگە لە خوا سوودی پێ دەدات، خۆ تۆ کاتێ کە ئەو مردوە زیندو بوو ئەگەر لە دووری یەك کیلۆ مەتردا بانگت بکردایە نەبەدەمتەوەدەهاتو نە گوێیشی لێت دەبو ، ئەی چۆن ئێستا کە مردوە ئاگای لە تۆیە؟ ئەی نازانی بێجگە لەخوا کەس غەیب نازانێت، خۆ ئەوسیفەتی خوایەتیە تۆ بەو کەسەی دەدەیت! ئەی خواناس بۆ بیر ناکەیتەوە؟! ئەی نازانی کاتێ کە ئیبراهیم پێغەمبەر(عليه السلام) میوانی بۆ هات ئینجا خواردنی بۆدانان، وتیان: ئێمە خواردن ناخۆین، ئینجا وتیان: بە ئیبراهیم (عليه السلام) ئێمە فریشتەینو نێرراوین لەلایەن خواوە بۆ لەناوبردنی قەومی لوت پێغەمبەر(عليه السلام)، جا ئیبراهیم (عليه السلام) کەپێغەمبەرەو خلیل ﷲ یە نەزانێت ئەوانە فریشتەن تا بە خۆیان خۆیان ئاشکرا نەکرد ئەی دەبێ چ کەسێ غەیەب بزانێتو چ کەسێك کەرامەتی هەبێتو لەلای ﷲ لە ئیبراهیم پێغەمبەر(عليه السلام) گەورەتر بێت؟ خۆ هەمان جەماعەت بون بە میوانی لووتیش (عليه السلام) بەڵام نەی زانی کە ئەمانە فریشتەن تا خۆیان ئاشکرا کرد ! بۆ لووت پێغەمبەر(عليه السلام) نەی زانیو کەرامەتی نەبوو بەر لەوەی سەردانی ئەو بکەن کە جەماعەتێك میوانن لە ماڵی ئیبراهیم پێغەمبەردان (عليه السلام)؟!. ئەی نازانی کە ئەسحابو لکەهف وەلی ﷲ بون، ﷲ سێ سەدو نۆساڵ خەواندنی، جا کاتێ کە خەبەری کردنەوە پرسیاریان لە یەکتر دەکرد چەندێکە نووستوین هەندێکیان وتیان: ڕۆژێکەو هەندێکی تر وتیان: تاقێکە. بۆ بیر ناکەیتەوەو لە قورئانەکەی خۆت وردبیتەوە کە هیچ گومانی تێ دانیە؟! ئەی ﷲ ی خاوەن دەسەڵات بۆ ئەم هەمو نموونانە باس دەکاتو دەی هێنێتەوە لە قورئان دا؟ ئایا تەنها حکایەتەو بۆ گوێ گرتنو خۆشیە وهیچی تر؟ بەدەیان نموونەی تر دەتوانی هەرلەم قورئانەدا دەر بهێنیو بیری لێ بکەیتەوە. هەمو ئەمانە کە باس دەکرێت تەنها بۆ ئەوەیە کە بەتەنهایی خوا بپەرستیو هەر داواکارییەکت هەیە تەنها داوا لەو بکەیتو دەسەڵاتی ڕەها تایبەتی خوایەو هیچ کەسی تر ئاگای لە هیچ نیەو هیچی پێ ناکرێت مەگەر بەئیزنی خوا بۆکەسێك کەلێی ڕازی بێت.

ئایا دەزانیت ئەگەر پێت وابێ کە جگە لەخوا کەسێ لەبارەی شتە نهێنیەکانتەوە زانیاری هەیەو ئاگای لە پێویستیەکانو داواکاریەکانی جەنابتە، لەگەڵ قەدەری خوادا هاوتانایەتەوە؟ ئەگەر بڕیار بێت هەر پیاو چاکێكو مشایخێكو پێغەمبەرێك کە بەداخەوە ڕۆژانە بە مەلاین خەڵك رویان تێ دەکەنو داوای ئەنجامدانی پێویستیەکانیان لێ دەکەن، ئەگەر ئەوانە دەورێکیان هەبێو هەرکەسەو ئیشی خۆی بکات، قەدەری کەونی لە کار دەکەوێت، جا ئەگەر ئەوانە دەوریان هەبێو هەرکەسێك واسیتە بۆ خەڵکێك بکات، ئەی ئەم هەمو تاقی کردنەوەی مرۆڤەسودی چیە لە دنیادا؟ تۆزێك بیر کەرەوەو تەپوتۆزی خەرافیاتو شیرك لەخۆت بتەکێنە، چونکە تاوانێکی زۆر گەورەیەو جۆری زۆرەو هەندێکی زۆر نهێنیەو پێغەمبەرمانﷺ لەخواپاڕاوەتەوە کەلە هەمو جۆرەکانی شیرك بیپارێزێت، ئەی خەڵکینە بەڵێنی خوا حەقەو دەفەرموێت لەوانەیە لە هەمو گوناهێك خۆش ببم، بەڵام لە شیرك هەرگیز خۆش نابم.

وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ قَالَ أَوَلَمْ
تُؤْمِن قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ
ٱلطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ ٱجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا
ثُمَّ ٱدْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا وَٱعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦٠﴾
مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ
أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ
لِمَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ
فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُواْ مَنًّا وَلَآ أَذًى لَّهُمْ
أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ
﴿٢٦٢﴾ ۞ قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ
أَذًى وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَلِيمٌ ﴿٢٦٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبْطِلُواْ
صَدَقَٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ كَٱلَّذِي يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ
وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأٓخِرِ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ
تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ
شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُواْ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٦٤﴾

شێخ عبدالقاری گەیلانی ڕەحمەتی خوای لێ بێ کە یەکێك بوو لە بەندە ساڵحەکانی خوا سەری خۆی لەسەر تایەرە بەردەکانی کەعبە دادەناو دەگریاو هاواری لە ﷻ دەکردو دەی وت: خوایە ئەگەر لە گوناهەکانی عبدالقادر خۆش نابیو لە ڕۆژی قیامەتدا بەو هەمو گوناهانەوە حەشرم دەکەی خوایە بە چاو کوێری حەشرم بکە لەبەر شەرمەزاری گوناهەکانم تا خەڵکی نەبینم! وریابە سەدو بیستو چووار هەزار پێغەمبەر ڕەوانە کراوە تەنها بۆ ئەوەی کەخەڵك خوای خۆی بەتاکیو بێ هاوتا بناسێتو ڕوو لە خوای خۆی بکات. ئینجا ﷻ داستانێکی ترمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٢٦٠﴾ باس بکە ئەو کاتەی کە ئیبراهیم ﵇ وتی: ئەی پەروەردگارم چۆن مردو زیندو دەکەیتەوە تێم بگەیەنە تا بە چاوی خۆم بیبینم؟ ﷻ فەرموی: ئایا تۆ هێشتا باوەڕت نیە کە من مردو زیندو دەکەمەوە وتی: خوایە من باوەڕم هەیە کە تۆ مردو زیندو دەکەیتەوە بەڵام حەز دەکەم بۆ ئەوەی دڵم بە تەواوی ئارام بگرێت شتێك بێت بە چاوی خۆم بیبینم و ئەو(علم الیقین)ـە ببێت بە (عین الیقین)

بۆم. بەڵێ لەڕاستیدا ئیبراهیم ﵇ بەم پرسیارە باری سەرشانی خۆی قورس کرد ئەوەبوو ﷻ فەرموی: دەی چوار باڵندە بگرەو چاك تەماشایان بکەو بیان ناسەو سەریان ببڕە لە پاشدا وردیان بکە بەناو یەکداو بیانکە بەچەند بەشێکەوەو هەر بەشێکیان لەسەر چیایەك دابنێ جا ئیبراهیمیش ﵇ ئەو چوار باڵندەیەی هێناو پاش ناسینێکی باش سەری بڕینو پەڕەکانی لێ کردنەوەو وردی کردن بە سەر یەکداو کردنی بە چوار بەشەوە لەسەر چوار چیا یان حەوت بەش لەسەرحەوت چیادایناان ، لە پاش دا خوا فەرموی: بانگیان بکە بە پەلە دێن بۆ لات ئەویش بانگی کردن، جا دیی هەر پەڕێ بۆ لای پەڕێکی ترو هەر خوێنێك بۆ لای خوێنێکی ترو هەر گۆشتێك بۆ لای گۆشتێکی تر دەفڕێت، دەڵێن سەری هەر چوار یان لەلای خۆی بووە دی هەر چوار لاشەکە تەواو ڕێكو پێك بونو بێ سەر هاتنە لای جانەو هەر کاتێ کە دەیویست سەری یەکێکیان لەسەر لاشەی یەکی تریان دابنێت ئەو لاشەیە وەری نەدەگرت بەڵام هەر کە سەری خۆی لەسەر دادەنا گورج وەکو خۆی لێ دەهاتەوە جابەم شێوەیەئیبراهیم ﵇، کە خۆی ئوممەتێکی تەواوو مامۆستای تەواوی یەکتاپەرستانە بەچاوی خۆی زیندوبونەوەی بینیو دڵو دەرونو عەقڵی خۆی جارێکی تر بە بێ سنوری زانایيو توانایيو دانایی پەروەردگاری خۆی زاخاودایەوەو داستانێکی ڕاستو دروستی زیندوبونەوەشی بۆپاش خۆی تۆمارکرد. کۆتایی ئایەتەکەش دەفەرموێ: دەی بزانە بە ڕاستی خودا خاوەنی دەسەڵاتەو ئیشەکانیشی دانایانەیە. لە بارەی جۆری ئەم باڵندانەوە قسەی جیا جیا کراوە بەڵام ئەوە شتێکی زۆر گرنگ نیە ئەگەر گرنگ بوایە خوا باسی دەکردن، جاهەندێك دەڵێن: باڵندەیەکی ڕەشی ئاویو تاوسێكو کەڵەشێرێكو کۆترێك بوەو هەندێکی تر دەڵێن: مراوییەكو بەچکەی نوعامەو کەڵەشێرێكو تاوسێك بوەو هەندێکی تر دەڵێن: کۆترێكو کەڵەشێرێكو تاوسێكو قەلە ڕەشەیەك بوە. بەم شێوەیە ئەم داستانە بە نرخە کۆتایی دێتو ئینجا باسی ماڵبەخشینو خەرجکردنی لە ڕێگای بەرز کردنەوەی ئاڵای ئیسلاممان بۆ دەکاتوتێمان دەگەیەنێ کەئیسلام بەهەمو بەشەکانی دەوترێو کۆی

هەمویان دەکاتە ئیسلامو بەشبەشی تێدا دروستنیەو دەفەرموێ:

(٢٦١) وێنەی ئەو کەسانەی کە ماڵیان دەبەخشن لە ڕێگای خوادا وەك دنکە تۆیەکە کە حەوت گوڵ سەوزبکاتو لە هەر گوڵێکدا سەد دانەی تێدابێ کەدەبێ بە حەوت سەد دانەو خوا دوو بەرامبەریشی دەکاتەوە بۆ کەسی کە ئارەزۆی لێ بێت، وە خوا شتی زۆری هەیەو زانەرە بە هەمو ئیشەکانی مرۆڤ. واتە بە خشین بۆغەزا لای کەمی حەوت سەد بەرامبەرە وەك لەم فەرمودەشدا هاتوە کە ئەبو مەسعود دەڵێت: {أَنَّ رَجُلًا تَصَدَّقَ بِنَاقَةٍ مَخْطُومَةٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لَيَأْتِيَنَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِسَبْعِ مِائَةِ نَاقَةٍ مَخْطُومَةٍ / احمد، النسائي، صححه الالباني/ جارێکیان پیاوێك حوشترێکی هێنا بۆ پێغەمبەر ﷺ بەزینو لەغاوەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ﷲ حەوسەد حوشتری بەم شێوەیەت پێ دەدات لە قیامەت دا }بێگومان خوا خاوەنی نیعمەتی زۆرو بێ ژمارەوزۆریش بەخشندەیەو بەخشینەکانیشی هیچ شتێك لەمولکی ئەو کەم ناکاتەوە وەك لەم فەرمودە قودسیەدا هاتوە کەدەفەرموێ: {يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ فَسَأَلُونِي فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسَانٍ مَسْأَلَتَهُ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِي إِلَّا كَمَا يَنْقُصُ الْمِخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ الْبَحْرَ /مسلم/ ئەی بەندەکانم ئەگەر هەموتان بە مرۆڤو جنۆکەوە لەدەشتاییەکی بەرزدا کۆببنەوەو هەرچی بە خەیاڵی خۆتان دا دێت داوای بکەن، جابەهەمو یەکێکتان ئەوەی کە داوای دەکەن پێتان ببەخشم لەوەی کە لەلای منە هەرئەوەندە کەم دەکاتەوە کە دەرزیەك بکەیت بە ناو دەریایەکدا لە پاشدا دەری بهێنی ئەم دەرزیە چەند لەگەڵ خۆی ئاو هەلگرێو چەندێ ئاوی ئەودەریایە کەم بکاتەوە هەر ئەوەندەش لە نیعمەتی من کەم دەبێتەوە}ئینجا دەفەرموێ:

(٢٦٢) بەراستی ئەوانەی کە ماڵیان لە ڕێگای خوادا دەبەخشنو مەبەستیان تەنها ڕەزامەندی خوایە لە دوای دا لەسەر ئەو ماڵ بەخشینە هیچ منەت ناکەن بە سەر کابراداو ئازاری نادەن بۆئەوان پاداشتیان هەیە لە لایەن پەروەردگاریانەوەو هیچ ترسێك نیە بۆیانو ئەوان خەفەت ناخۆنو سەربەرزن لەو ڕۆژەدا کە خەڵك خەفەت دەخوات. ئینجا ئەگەر ئەو ڕێبازە جوانەی نەگرتە بەر کابرای بەخشندەو منەتی دەکرد بەسەر کابرای پێ بەخشراو داو ئازاری دەدا ئەوە ئەو چاکەیە نەکات باشترە وەك دەفەرموێ:

(٢٦٣) قسەیەکی چاكو چاوپۆشی کردن لە هەڵەیەك باشترە لە چاکەیەك کە ئێشو ئازاری بەدوادابێت خوا دەوڵەمەندەو نیازی بە یارمەتیو بەخشینی ئێوە نیەو ئەوەی کە دەیبەخشن بە سودی خۆتانە، جائەگەر لەسەر ئەورەفتارە خراپەتان تۆڵەتان بەزوی لێ وەرناگرێت لەبەر ئەوەنیە کەرەفتارەکەت چاکە نەخێر بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ﷲ سبحانه وتعالى بە حەوسەڵەیە، جا وریابە لەحەوسەڵەی ئەوکەڵکی خراپ وەرنەگریت چونکە تۆڵەکەشی سەختە.

واتە قسەیەکی جوانورێنمای بکەبۆکارێکی باش چاکترە لەو جۆرە چاکە ئازاردەرانە ﷲ بێ نیازەو تۆ چاکە بۆخۆت دەکەیتو پێویستە بە حەوسەڵەش بیت ئەگەر ئەوکابرایەی کەچاکەی لەگەڵدا دەکەیت ڕەفتاری لەگەڵتا جوان نەبو تۆچاکەی خۆت بە منەتو ئازار دان هەڵنەوەشێنیتەوە چونکە چاکەی مرۆڤ پێشەکی بە دەستی ﷲ دەگات ئینجا دەکەوێتە دەستی چاکە لەگەڵکراودا. لە ئەبوهورەیرەوە هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: {إِنَّ اللَّهَ يَقْبَلُ الصَّدَقَةَ وَيَأْخُذُهَا بِيَمِينِهِ فَيُرَبِّيهَا لِأَحَدِكُمْ كَمَا يُرَبِّي أَحَدُكُمْ مُهْرَهُ حَتَّى إِنَّ اللُّقْمَةَ لَتَصِيرُ مِثْلَ أُحُدٍ /الترمذی، صححه الالبانی/ بەبێگومان کە ﷲ چاکە بەدەستی ڕاستی وەردەگرێت جاگەورەی دەکات بۆ ئێوە وەك چۆن ئێوە بەچکەی حوشتر گەورە دەکەن تا یەك پاروو چاکە وای لێدێت وەك چیای ئوحد}بەراستی باسکردنی ئەم دووسیفەتە بەرزە لێرەدا زۆر کاری گەرە لەدڵی مرۆڤی خواناسدا جابا چاکە کار بە پەلە نەبێت بۆ پاداشتەکەی بەڵکو پێویستە بە حەوسەڵە بیتو پێویستە چاکە لەگەڵکراویش سوپاسی چاکەکار بکات. وەك هاتوە کە: {ئەگەر کەسێك چاکەی لەگەڵدا کردی هەوڵ بدە پاداشتی بدەرەوە بە شێوەی چاکەکەی، خۆ ئەگەر نەت توانی، دەی

وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ
وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ
فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ
وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٦٥﴾ أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ
لَهُۥ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ لَهُۥ
فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَأَصَابَهُ ٱلْكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَآءُ
فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَٱحْتَرَقَتْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ
لَكُمُ ٱلْـَٔايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٦٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوٓا۟ أَنفِقُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا
لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَلَا تَيَمَّمُوا۟ ٱلْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم
بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغْمِضُوا۟ فِيهِ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ حَمِيدٌ
﴿٢٦٧﴾ ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ
وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦٨﴾
يُؤْتِى ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ
أُوتِىَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٦٩﴾

ئەوەندە دوعای خێری بۆ بکە بە ئەندازەی چاکەکەی} بەڵێ ئیسلام ئاوەها فەقیرو دەوڵەمەند ئەلکێنێت بە یەکەوەو برایەتیان لە نێوان دا دروست دەکات ئیتر ئەمە دەبێ بە هۆی ئەوەی کە چاکەکان هەڵنەوەشێننەوە وەك دەفەرموێ:

(٢٦٤) ئەی باوەڕداران چاکەی خۆتان بەتاڵ نەکەنەوە بە منەتو ئەزیەت دان چونکە چاکە کردن ئەگەر منەت نانی تێدا بێ بەتاڵ دەبێتەوە وەك ئەو کەسانە وایە کەماڵیان دەبەخشن بۆروپامایی‌و لە بەر چاوی خەڵك تا بڵێن کابرایەکی سەخیە، جا ئەمە باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوایی نیە کە پاداشت وەردەگرێتەوە بەڵکو تەنها بۆ دنیا ئەوچاکەیە دەکات جا وێنەی ئەو کابرایە وەك بەردێکی ساف وایە کە هەندێك خۆڵی لەسەر بێت‌و بارانێکی توند لێی بدات چەندێك لەو خۆڵە دەمێنێتەوە لەسەر ئەو بەردە سافە ئەو کابرایەش هەر ئەوەندە چاکەی بۆ دەمێنێتە ئاشکرایە کە هیچی بە سەرەوە ناهێڵێتەوە واتە ئەو کابرا منەت نەرو ئازار دەریش چاکە کەی بە فیڕۆ دەچێت‌و هیچیان لەو چاکەیە کە کردویانە دەست ناکەوێتەوە وەك دەفەرموێ: ئەوانە توانایان نابێت هیچ شتەك پەیدا بکەن لەوەی کە کەسبیان کردوە بەم شێوەیە ئەمانە زوڵمیان لە خۆیان کردوە بە هۆی بێ باوەڕیانەوەو کافر بوون‌و خواش هیدایەتی گەلی کافران نادات. ئینجا وێنەیەکی چاکەکارانی چاکمان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(٢٦٥) وێنەی ئەو کەسانەی کە ماڵی خۆیان دەبەخشن بە کەمدەستان‌و نیازمەندان لە بەر خاتری ڕەزای خواو بۆ بتەوکردنی ئەورەزامەندیە لە دڵیانداو ئارامگرتن‌و دڵنیابونیان بە پاداشت، ئەو چاکەیە ئەبێت بە هۆی قەرار گرتنی دڵیان لەگەڵ خوادا چونکە ئەم جۆرە بەخشینە یادو زیکری خوایەو لە بەر فرمانی خوایە ئاشکرایشە ئەگەر مرۆڤ عیبادەتی کرد بۆ خوا زیاتر دڵی ئارام دەبێت. جاوێنەی چاکەی ئەوچاکە کارە وەك باخچەیەك وایە لە شوێنێکی بەرزدا بێت کە هەمیشە بارانی زۆر لێی بدات جا بەرو بومی ئەم باخچەیە دوو بەرابەری باخچەی وێنەی خۆی بێت خۆئەگەر بارانێکی زۆرو گەورەش لێی نەدات هەمیشەس بارانی وورد لێی بدات‌و بێ برانەوە ئاوی ببێت ئاشکرایە کە ئەو باخچەیە لە باخچەکانی تر بەروبومی زیاترو بە خێرترەو هەمیشە بەرهەمی جوانی دەبێت.

هەر بەم شێوەیەش ئەو کەسانەی کە چاکە دەکەن لە بەر خاتری ﷲ هەرگیز برانەوەی نیەو هەمیشە لە زیاد کردن دایەو بە ڕاستی خوا بەوەی کە ئێوە دەیکەن بینەرەو هیچی لێ ون نابێت نە چاکەو نە خراپە با لە گەردیلەیەکیش بچوك تر بێت. ئینجا سەبارەت بەو کەسانەی کە کرداری خۆیان خراپ دەکەن دەفەرموێ:

(٢٦٦) ئایا هیچ کام لە ئێوە پێی خۆشە کە باخچەیەکی لە خورماو لە ترێ هەبێت کەبەناویدا چەندین ڕوبار بڕوات کەلەو باخچەیەیدا هەمو مێوەیەکی هەبێت‌و لەهیچی کەم نەبێت و کابرا پیر بوبێت‌و منداڵانێکی لاوازو بێ هێزی هەبێت ئینجا ئا لەو کاتەدا بایەك بە گڕەوە لێی بدات‌و بسوتێنێت؟ کێ شتی وای پێخۆشە؟

ئەم وێنەیە بۆ ئەو کەسانەیە کە لە سەرەتاوە مرۆڤی باش‌و ئیشی باش دەکەن لە پاشان پاشگەز دەبنەوە ئینجا لەو کاتەدا کە پێویستی بە بەرهەمی کردارو وتارەکانی

هەیە کە رۆژی قیامەتە هیچی بۆ نەمێنێتەوە هەروەك کابرای پیر کە تازە توانای باغ دانانی تری نەماوە ئەمیش تازە کاتی ئیش کردنی نەماوەو هیچی بۆ ناکرێت جا چ زیانێك و چ سەرشۆڕیەك هەیە لەو زیانو سەر شۆڕیە گەورەترو پڕ مەترسی تر؟

بۆیە پێویستە موسڵمانان هەمیشە لە دوا ڕۆژی خۆیان بترسنو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ئیخلاسو تەقوایان هەبێت چونکە ئایندە نەزانراوەو خواش گۆڕینەری دڵەکانە.

ئەنەس رضي الله عنه دەڵێت: {كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُكْثِرُ أَنْ يَقُولَ يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ آمَنَّا بِكَ وَبِمَا جِئْتَ بِهِ فَهَلْ تَخَافُ عَلَيْنَا قَالَ نَعَمْ إِنَّ الْقُلُوبَ بَيْنَ أُصْبُعَيْنِ مِنْ أَصَابِعِ اللَّهِ يُقَلِّبُهَا كَيْفَ يَشَاءُ. /احمد،الترمذي. صححه الالباني/ پێغەمبەر ﷺ زۆر جار دەی فەرمو: ئەی کەسێك کەدڵەکان دەگۆڕیت دڵم دامەزرێنە لەسەر ئایینەکەت. جا وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمەبە تۆو بەوەی کەهێناوتە، باوەڕمان هێناوە، جا ئایا ترسی ئەوەت هەیە کە پاشگەز ببینەوە، فەرمووی: بەڵێ، بەڕاستی دڵەکان لە بەینی دوو ئەنگوستی الله دایە هەرچۆن ئارەزۆی لێ بێت ئەم دیو دیوی دەکات} ئەوە نموونەیە کە لەم ئایەتەدا باس کراوە بۆ ئەو کەسانەی کە پاشگەز دەبنەوەو دەفەرموێ: هەر ئاوەها خوای گەورە نیشانەکانی خۆی ڕۆشن دەکاتەوە بۆتان تاکو ئێوەش بیر بکەنەوەو ئامۆژگاری لێ وەرگرن.

ئینجا لەبارەی چۆنیەتی بەخشینە وە دەفەرموێ:

(٢٦٧) ئەی باوەڕداران ببەخشن لەوشتە پاکانەی کە بەدەستتان هێناوەو واتە ئەوەی کە دەیبەخشن شتی پاك و حەڵاڵ بێت. چاکەو خێر تەنها بەماڵی حەڵاڵ دەبێت هەروەك لە فەرمودەی پێغەمبەر دا ﷺ هاتوە کە: {أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لَا يَقْبَلُ إِلَّا طَيِّبًا / مسلم وغيره/ ئەی خەڵکینە بە ڕاستی خوا پاکەو هەر پاکیش وەردەگرێت.}

لەوانەی کە ئێمە لە زەویدا بۆمان دەرهێناون ئیتر ئەمە گشتیەو هەموو شت دەگرێتەوە لە دانەوێڵەو مێوەو بەرهەمی کانەکان دەی ئێوە نەچن شتی خراپ ببەخشن ئەوەندە بێ قیمەتبێت ئەگەربەخۆتان بدرێت وەری نەگرن مەگەر چاوپۆشی تێدا بکەنولەشەرما وەری بگرن،

دەڵێن یارەکانی مەدینەیی پێغەمبەر ﷺ ئەوانەی کە خورمایان هەبوو هەر کەسێك دەچوو لقێك خورمای دەبڕیو دەیهێنا بۆ مزگەوت جەماعەتێکی تر لە یارە کۆچەرەکان لە مزگەوت دا هەبون ئەوانیش هەر کاتێك برسیان دەبوو دەچون دارێکیان لێ دەداو ئەوەی کە دەوەری دەیان خوارد هەندێکیش دەچوون ئەو لقانەی کە خۆیان دەشکان بە هۆی باوەوباش نەبو دەیان هێنا بۆ مزگەوتو دەیان وت: هەر خێرەو بە داریان دا دەکرد. ئینجا خوای گەورە فەرموی ئەو شتە بەو شێوەیە نەکەن بەڵکو ئەوەی بە لای خۆتانەوە چاکە ئەوە بهێنن ئەوەتە دەفەرموێ: ﴿ناگەن بە پلەی چاکی هەتا لەئەوەی کە خۆتان پێتان خۆشە نەبەخشن﴾ ئالی عیمران/٩٢ . لێرەش دا دەفەرموێ: جاباش بزانن کەبە بێگومان الله (غَنِيٌّ) واتە بێ نیازە لە چاکەی ئێوەو نیازی بە چاکەی ئێوە نیەو چاکەتان تەنها بەسودی خۆتانە.وە هەر خۆتان کەڵکی لێوەردەگرن. بزانە کە الله دەتوانێ هەمو خەڵك دەوڵەمەند بکات بەڵام ئەمە تاقیکردنەوەیەکەو سودەکەی هەر بۆ خۆتانە هەم لە دنیادا دەبێ بە هۆی دۆستایەتیو خۆشەویستیو هەم لە ڕۆژی قیامەتیشدا پاداشتی گەورەتان دەست دەکەوێت ئەگینا خوا (حَمِيدٌ)ە واتە سوپاس کراوە، ئەگەر مرۆڤیش سوپاسی نەکات هەزاران دروست کراوی تری الله هەیەو سوپاسی الله دەکەنو لە هەمویان زۆرتر فریشتەکانن بە ڕاستی بەخشین سوودێکی زۆر گەورەی هەیە بۆکۆمەڵگاو سارێژکەری زۆربەی برینەکانی کۆمەڵایەتینو هۆی ژیانێکی ئاسودەو بەختەوەرانەیە بۆیە شەیتان زۆر پێی ناخۆشەو هەمیشە کەم دەستی دەخاتە بەر چاوی دەوڵەمەندانو دەیان ترسێنێت لە بەخشین وەك دەفەرموێ:

(٢٦٨) ئەوە شەیتانە دەتان ترسێنێت بە هەژاریو نەداری. دەڵێت نەبەخشن فەقیر دەبن پارەتان پێ نامێنێتو بەڵێنی فەقیریتان پێ دەداتو دەستورتان پێ دەدات بە داوێن پیسیو ئیشی خراپە کردن، بەڵام الله بەڵێنی لێخۆش بوناتان پێ دەدات هەروەها بەڵێنی ماڵیشتان پێ دەداتو دەفەرمووێ: {ببەخشە پێت دەبەخشم}.

وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ
يَعْلَمُهُۥ ۗ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ (٢٧٠) إِن تُبْدُوا۟
ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِىَ ۖ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا ٱلْفُقَرَآءَ
فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمْ ۗ
وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (٢٧١) ۞ لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ۗ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ
فَلِأَنفُسِكُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ ٱللَّهِ ۚ
وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ
(٢٧٢) لِلْفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ أُحْصِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ
لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِى ٱلْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ
ٱلْجَاهِلُ أَغْنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَٰهُمْ
لَا يَسْـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلْحَافًا ۗ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ
فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ (٢٧٣) ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُم
بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ
رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٢٧٤)

وه هه‌موو رۆژێك دوو فریشته بانگ ده‌كه‌ن ده‌ڵێن: {فَيَقُولُ أَحَدُهُمَا اللَّهُمَّ أَعْطِ مُنْفِقًا خَلَفًا وَيَقُولُ الآخَرُ اللَّهُمَّ أَعْطِ مُمْسِكًا تَلَفًا/البخاري/ یه‌كێكیان ده‌ڵێت ئه‌ی خوایه ئه‌وكه‌سه‌ی كه ماڵ ده‌به‌خشێت بۆی پڕ بكه‌ره‌وه‌و ئه‌وی تریان ده‌ڵێ ئه‌ی خوایه ئه‌وه‌ی كه‌ده‌یگرێته‌وه له‌ناوی ببه} به‌راستی خوا زۆر زۆر فره‌وانه له باره‌ی موڵك‌و سامان‌و ده‌سه‌ڵاته‌وه‌و زۆر زانایه‌و هه‌موو ئیشه‌كانی له رووی زانیاریه‌وه ئه‌نجام داوه‌و ده‌یدات.

(٢٦٩) كه‌واته دانایی‌و ژیری ده‌دات به كه‌سێك كه ئاره‌زۆی لێ بێت‌و هه‌ر كه‌سێكیش كه دانایی پێ بدرێت به راستی ئه‌وه خێرێكی زۆری پێ دراوه. به‌ڵام هه‌ر خاوه‌ن عه‌قڵان بیر له‌م راستیانه ده‌كه‌نه‌وه‌و ته‌نها ئه‌وانن كه بتوانن ئه‌و راستیانه بزانن. ئایه‌تانی پێشو به گشتی باسی چۆنیه‌تی چاكه كردن به به‌رامبه‌ر بو جا ئه‌و كه‌سه كه نه‌زانێت چۆن چاكه بكات یان حیكمت به‌كار نه‌هێنێت دور نیه كه پاداشتی ئه‌و چاكه‌یه وه‌رنه‌گرێت به‌ڵكۆ به شێوازێك ئه‌نجامی بدات كه تۆڵه‌یچی لێ بسێنرێته‌وه كه‌واته لێره‌دا حیكمه‌ت زۆر پێویسته له‌باره‌ی حیكه‌ته‌وه وتراوه "هو الإتقان في عمل أو قول" واته حیكمه‌ت ئه‌و په‌ڕی رێك‌و پێكی‌و كاربه‌جێیه له كردار یان له گوفتاردا. وه ئه‌مه‌ش ده‌ست ناكه‌وێت مه‌گه‌ر به فێربون‌و تێگه‌یشتن له قورئان‌و فه‌رموده‌كانی پێغه‌مبه‌رﷺ.

(٢٧٠) هه‌ر شتێك ببه‌خشن كه‌م بێت یان زۆر یان هه‌ر نه‌زرییه یه‌ك بكه‌ن خوای گه‌وره پێی ده‌زانێت‌و پاداشتی ده‌داته‌وه ئینجا هه‌ڕه‌شه له سته‌م كاران ده‌كات‌و ده‌فه‌رموێ: بۆ ئه‌وانه‌ی كه سته‌م كارن هیچ یارمه‌تی ده‌رێكیان نیه.. نه‌زری ئه‌وه‌یه كه تۆ دای بنێی له‌سه‌ر خۆت‌و بڵێی ئه‌گه‌ر فلاّنه ئیش كرا یان فلاّنه شت ئاوه‌ها ده‌رچوو ئه‌وه‌نده پاره یان حه‌یوانێك یان ئه‌و حه‌یوانه له‌سه‌ر من بێت ئه‌مه واجبه له سه‌رت‌و ده‌بێ جێ به جێی بكه‌یت مه‌گه‌ر بۆ حه‌رام بێت یان ماڵه‌كه هی خۆت نه‌بێت چونكه نه‌زر نیه له ماڵێك دا كه ماڵی خۆت نه‌بێت‌و نابێ بۆ شتی حه‌رام بێت به‌ڵام ئه‌گه‌ر ماڵی خۆی بوو بۆ شتی حه‌ڵاڵ بو ئه‌وه ده‌بێ جێ به جێی بكات وه‌ك له‌وه سفی پیاو چاكاندا ﷻ ده‌فه‌رموێ: {ئه‌و نه‌زریه‌ی له‌سه‌ریانه‌جێ به جیی ده‌كه‌ن} لێره‌شدا ده‌فه‌رموێ: هه‌ر نه‌فه‌قه‌یه‌ك بكه‌ن‌و هه‌ر ماڵێك ببه‌خشن به راستی خوا پێی ده‌زانێت. ئینجا خوا باسی چۆنیه‌تی به‌خشینمان بۆ ده‌كات‌و ده‌فه‌رموێ:

(٢٧١) ئه‌گه‌ر به ئاشكرایی چاكه بكه‌ن ئه‌مه شتێكی باشتان كردوه‌وئه‌گه‌ر ئه‌وچاكه‌یه به شێوه‌یه‌كی شاراوه ئه‌نجام بده‌ن‌و هه‌ر فه‌قیره‌كه خۆی بزانێت ئه‌و زۆر چاكتره بۆتان‌و خوا گوناهه‌كانتان له‌سه‌ر لاده‌بات به هۆی ئه‌و چاكه كردنه‌وه به‌و شێوه شاراوه‌یه چونكه هه‌م دڵی فه‌قیره‌كه ناشكێ‌و هه‌م له رووپامییه‌وه دووره هه‌ر له‌م باره‌یه‌وه له‌م فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺدا هاتوه كه ده‌فه‌رموێ: {صَدَقَةُ السِّرِ تُطْفِئُ غَضَبَ الرَّبِّ/الطبراني في الصغير، صححه الالباني / چاكه‌ی نهێنی تووڕه‌یی په‌روه‌ردگار داده‌مركێنێته‌وه} به‌ڵێ، خوا به‌وه‌ی كه ئێوه ده‌یكه‌ن ئاگاداره‌و ده‌زانیت كه ئێوه چی ده‌كه‌ن.

لێره‌دا زانایان پێیان وایه چاكه به ئاشكرا بكه‌یت یان به مه‌خفیانه هه‌ردوو باشه هه‌ندێك ده‌ڵێن ئه‌گه‌ر چاكه‌كه فه‌رز بێت به ئاشكرا بیكه‌ن باشه تا خه‌ڵك چاوتان لێ

بکات، وە ئەگەر ئەوچاکەیە سونەت بوو بە مەخفیانە بیکەن. رواڵەتی ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر بە دزییەوە بکرێت باشترە.

پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ دەفەرموێ: {لَا حَسَدَ إِلَّا فِي اثْنَتَيْنِ رَجُلٍ آتَاهُ اللَّهُ مَالًا فَسَلَّطَهُ عَلَى هَلَكَتِهِ فِي الْحَقِّ وَرَجُلٍ آتَاهُ اللَّهُ حِكْمَةً فَهُوَ يَقْضِي بِهَا وَيُعَلِّمُهَا/متفق علیه/ حەسادەت هەر لەدووشتدا دروستە: الف ـ پیاوێك خودا ماڵی پێدا بێتو زاڵی بکات بە سەریا کە لە رێگای راست دا لە ناوی بدات. ب ـ پیاوێك کە خودا دانایی پێ بدات ئەویش حوکمی پێ بکاتو خەڵکیش فێر بکات}

وە لە بارەی بەخشین بەنهێنییەوە دەفەرموێ: {سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمْ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ الْإِمَامُ الْعَادِلُ وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ رَبِّهِ وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي الْمَسَاجِدِ وَرَجُلَانِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ وَرَجُلٌ طَلَبَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ فَقَالَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ أَخْفَى حَتَّى لَا تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ/متفق علیه/ حەوت تاقم هەن کەخوا دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆی ئەو کاتەی کە هیچ سێبەرێك نیە بێجگە لە سێبەری ئەو، یەکەم ـ پێشەوای داد پەروەر، دووهەم ـ گەنجێك کە هەر بە گەنجی لە عیبادەتی پەروەردگاریدا پەروەردە بوبێت، سێهەم ـ پیاوێك هەمیشە دڵی لای مزگەوت بێت کاتێ کە دەردەچێت لە مزگەوتدا ئاواتی گەڕانەوەی بێت بۆ لای، چوارەم ـ دوو پیاو کە لە بەر خاتری خوا یەکتریان خۆش بوێت کە یەکگرتنیان هەر لەبەر خوابێتوجیا بونەوەشیان هەر لەبەر ئەوبێت، پێنجەم ـ پیاوێك کە ئافرەتێکی خاوەن شکۆو جوان بانگی بکات بۆ ئیشی خراپ ئەو بڵێت من لە خوا دەترسمو شتی وا ناکەم، شەشەم ـ پیاوێك کە چاکەیەك بکات ئەوەندە بە نهێنی بیکات، کە دەستی چەپی نەزانێت دەستی راستی چی بەخشیوە، حەوتەم ـ پیاوێك کە بە تەنها یادی خوا بکاتو فرمێسك بە هەردوو چاوی دا بێتە خوارەوە} عەبدوڵای کوڕی عەباس لە بارەی ئەم ئایەتەوە دەڵێ: (خوا چاکەی سونەتی شاراوەی بە هەفتا بەرامبەری چاکەی سونەتی ئاشکرا داناوەو چاکەی فەرزی ئاشکرایشی بە بیستو پێنج بەرامبەری چاکەی فەرزی شاراوە حیساب کردوە). دیسان ئەم ئایەتە چاکە کردنی بە گشتی باسکردوە واتە چاکە لەگەڵ هەر گیانلەبەرێك دا بکرێت هەر چاکەو لە لای خودا پاداشتی هەیە لە دە بەرامبەرەوە هەتا هەزارو چوارسەد بەرانبەرو زیاتر لەوەیش وەك لە پێشەوە باسمان کردوە موسڵمان بێت یان نە، مرۆڤ بێت یان حەیوان. کە ئەم ئایەتەی پاشی خۆی دەڵێن سەبارەت بەوە هات کە چاکە لەگەڵ هەمو کەسێکدا بکرێت مادام داوای بکات موسڵمان بێت یان نە دەفەرموێ:

(٢٧٢) موسڵمان کردنی ئەوان ئەرکی سەرشانی تۆ نیە و بەبێگومان هەرخوا یە کە دەتوانێت بیخاتە سەر رێگای راست ئەو کەسەی کە خۆی ئارەزۆی لێ بێت،

ئێوە پێویستە چاکە بکەنو گوێ لە چاکە لەگەڵکراودا شل مەکەن چونکە ئەوەی کە ئێوە دەی بەخشن بۆ خۆتانە ئیتر چیتان دەوێت لەوەی کە کابرا چیەوچۆنە خۆئێوە ئەو شتەی کە دەی بە خشن هەر لە بەر خاتری خوایە واتە سیفەتی موسڵمانی راست وایە کە هەر شتێك دەبەخشێت تەنها لە بەر رەزای خوا دەیبەخشێت چونکە باوەڕی هەیە کە پاداشتەکەی لەلای ﷻ دەست دەکەوێتەوە. دووبارە دەفەرموێ: ئەوەی کە ئێوە دەیبەخشن لە ماڵ پاداشتەکەیتان پێ دەدرێتەوەوئێوە ستەمتان لێ ناکرێت ئیتر کابرا هەر چۆنێك هەیە کەیفی خۆیەتیو دنیایەکی تر هەیە. بەڵێ چاکە کردن لەگەڵ هەمو کەسێك هەر باشە بە تایبەتی:

(٢٧٣) بۆ ئەو فەقیرانەی کە لە بەر خاتری خوا رێگایان لێ گیراوە کە ناتوانن بگەڕێن بەم زەویداو کەسابەت بکەن، جا چونکە خۆیان ناشکێننەوەو داوای شت لە خەڵك ناکەن هەر بۆیە نەزانیش لای وایە کە دەوڵەمەندن کەتۆ دەیان ناسیت بە رەنگو روویان دا، ئینجا روولەخەڵکی نانێنو خەڵك ناچارناکەن کە شتیان پێ بدەن، واتە ئەوکەسانەی کە مافی خۆیانەو شایستەن کە چاکەیان لەگەڵدا بکرێت ئەم جۆرە کەسانەنو هەر شتێکیش ببەخشن لە ماڵ چاکەو ﷻ زانەرەو پاداشتان دەداتەوە. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {لَيْسَ الْمِسْكِينُ الَّذِي تَرُدُّهُ الْأُكْلَةُ وَالْأُكْلَتَانِ وَلَكِنْ الْمِسْكِينُ الَّذِي لَيْسَ لَهُ غِنًى وَيَسْتَحْيِي أَوْ لَا يَسْأَلُ النَّاسَ

ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى
يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ
مِثْلُ ٱلرِّبَوٰاْ ۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ ۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوْعِظَةٌ
مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ عَادَ
فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧٥﴾ يَمْحَقُ
ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرْبِى ٱلصَّدَقَٰتِ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ﴿٢٧٦﴾
إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ
وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٧٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ
وَذَرُواْ مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٧٨﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ
فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۖ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ
أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٩﴾ وَإِن كَانَ
ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ ۚ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ
إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٨٠﴾ وَٱتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى
ٱللَّهِ ۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٨١﴾

إِلْحَافًا/متفق عليه/ فەقیر ئەوکەسە نیە کەژەمێكو دووژەم دەیگەڕێنێتەوە بەڵام فەقیر ئەوکەسەیە کە بێنیاز کەرێکی نیەولەگەل ئەوەشدا شەرم دەکات یان زۆر رووڵەخەڵك نانێت بۆداوای شت کردن}. جائەو رێگا لێگیراوانە کەسانێك بن کە بە بەرنامەی خواوە خەریك بنو کاریان بۆ نەکرێت یان دوژمن رێگایان پێ نادات کە ئیشو کار بکەنو بژێوی خۆیان دابین بکەن.واتە رێگرێکی مادی بێت یان مەعنەوی فەرقی نیە.

﴿٢٧٤﴾ ئەوکەسانەی کە ماڵ دەبەخشن لە رێگای خوادا بە شەوو بە رۆژو بە نهێنی وبە ئاشکرا ئەوسا بۆ ئەوانە پاداشتێکی گەورە هەیە لە لای پەروەردگاریانو نە ترسێکیان لە سەرەو نە خەمیش دەخۆن لە رۆژی قیامەتدا. ئا بەم شێوەیە ﷻ وەسفی ئەو کەسانە دەکات کە ئاوا چاکە دەکەن. ئینجا دێتە سەر مەسئەلەی سوخۆری (ریبا) مادام باسی بەخشینی کرد چونکە بۆ ئەوەیە کە مرۆڤەکان یارمەتی یەکتر بدەن تا مرۆڤی هەژار پەکی نەکەوێتو ئەو کەم دەستە بە ئەندازەیەك بەرز بێتەوە نزیك بێتەوە لە دەوڵەمەندەوەو دەوڵەمەندەکەش نەختێك

لە ماڵی خۆی سەرف بکات تا کەمێ نزم بێتەوەو هێواش هێواش چینایەتی نەمێنێت یان کەم ببێتەوە بەڵام بە هۆی ریباوە چینایەتی بەپێچەوانەوە دروست دەبێت تاوەك ئەمرۆی لێ دێت کەیەکێك نانی نیەبیخوات یەکێکی تریش پێشبڕکەی ملیارد لەری دەکات یەکێك جێگای چادرێکی نیە هەڵیداتو ئەوی تر بەسەدان دۆنم لە سەرخۆی تاپۆ دەکاتو...و...هتد ئینجا خوا دەفەرموێ:

﴿٢٧٥﴾ جا ئەوانەی کە ریبا دەخۆن رۆژی قیامەت کە زیندو دەکرێنەوە وەکو کەسانێك کە شەیتان دەستی لێوەشاندونو شێت بوون ئاوەها هەڵدەستنەوەو بێهۆشنو ورێنە دەکەن چونکە بەبێگومان ئەوانە لە دنیادا گاڵتەیان بە ئایین دەکردو دەیان وت: مامەڵەش هەروەك ریبایە لەحاڵێکدا ﷻ مامەڵەی حەڵاڵ کردوەو ریبای حەرام کردوە، جا ئەو کەسەی کە ئامۆژگاری بۆ هات لەلای خوای خۆیەوەو لەم بارەوە تێگەیشت کە ریبا حەرامە جائەویش دەسبەجێ وازی لێ هێنا ئەوسا ئەوکەسە بۆی هەیە ئەوەی لە پێشەوە وەری گرتوە، واتە داوای گەڕانەوەی سودە پێشەوەکانی لێ ناکرێتو سەرنوێشتی ئەو کەسە لە لای خوایە کە لە پاشە رۆژداو چی حیسابێکی لەگەڵدا دەکات، وەهەر کەسێکیش کە گەڕایەوە سەر ئەم مامەڵەیە دوای ئەوەی کە زانی حەرامە ئەوسا ئەوانە یارو دۆستی دەستەملی ئاگری دۆزەخن کە ئەوان بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە. ئەمەش هەڕەشەیەکی زۆر پڕ مەترسیە بۆ ئەو کەسانە کە سوو دەخۆن چونکە مانەوەی هەمیشەی ناو ئاگری جهەنەم تەنها بۆ کافرانە، ئەم سوو خۆرانەیش بەم ئیشەیان کافر دەبن ئەگەر بە حەڵاڵی بزانن و گاڵتە بە یاسای ئیسلام بکەن، ئەگەر بە حەرامیشی بزانن جا توشی یەکێکە لەو حەوت گوناهە گەورانە بوون کە پێغەمبەری خوا بە لەبەینبەرو پشت شکێن ناویان دەبات، جابریش دەڵێت: {لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ آكِلَ الرِّبَا وَمُؤْكِلَهُ وَكَاتِبَهُ وَشَاهِدَيْهِ وَقَالَ هُمْ سَوَاءٌ/ مسلم وغيره/ پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرینی لە سوخۆرو سودەرو نوسەرو شایەتەکانی کردوەو دەفەرموێت: هەموویان وەك یەکن لە تاواندا}.

پەیوەندی نێوان ئەم ئایەتەی ریبا بە پێشەوە پەیوەندییەکی دژایەتیە یەکەمیان خوێنی خۆی دەدات بۆژیانی خەڵك دووهەمیان خوێنی خەڵك دەخوات بۆ ژیانی خۆی، یەکەمیان ماڵی بۆ رەزامەندی ﷲ یەو هۆیەکە بۆ رژانی نیعمەتەکانی پەروەردگار دووهەمیان بەماڵی دژایەتی ﷲ دەکاتو سزاو تورەیی پەروەردگار دەهێنێت پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: { مَا ظَهَرَ فِي قَوْمٍ الرِّبَا وَالزِّنَا إِلَّا أَحَلُّوا بِأَنْفُسِهِمْ عِقَابَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ/ احمد، حسنه الألباني/ لە ناو هەر گەلێکدا ریباو زینا ئاشکرا بوبێت سزای ﷲ یان بە سەرخۆیاندا هێناوە } ریباو زینا دوو تاوانی گەورەن کە دەبن بە هۆی هاتنی عەزابی پەروەردگار بەڵام پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {دِرْهَمُ رِبًا يَأْكُلُهُ الرَّجُلُ وَهُوَ يَعْلَمُ أَشَدُّ مِنْ سِتَّةٍ وَثَلَاثِينَ زَنْيَةً/ احمد، صححه الألباني/ درهەمێك ریبا کە پیاو دەیخوات لەحاڵێکدا چاك دەزانێت کە ئەوە ریبایە تاوانی لە سیو شەش زینا توندترە}. یەکەمیان خواپەرستەو دووهەمیان پارەپەرستە پێغەمبەرمان دوعا لە پارەپەرست دەکاتو دەفەرموێ:{ تَعِسَ عَبْدُ الدِّينَارِ وَالدِّرْهَمِ/ متفق عليه/ لەبین چێت بەندەی دینارو درهەم}، یەکەمیان خۆشەویستی خودایە، دووهەمیان دژمنی خودایە یەکەمیان بەم ژیانەی ئەو ژیانەکەی خۆش دەکات دووهەمیان بەم ژیانەی ئەوژیانەکەی خراپ دەکات، یەکەمیان بەهەشت جێگایەتی دووهەمیان دۆزەخ جێگایەتی ئەمانەو دەیان جیاوازی تریان هەیە. یان دەتوانین بڵێین ئەم دووئایەتە هەردوو سەبارەت بە ماڵن کەیەکەمیان لەناوی دەبات بۆ سودی خەڵكو دووهەمیان کۆی دەکاتەوە بەزیانی خەڵك یان هەردوو سەبارەت بەفرمانەکانی خودان کەیەکەمیان دەبێت ئەنجام بدرێتو دووهەمیان دەبێ وازی لێ بهێنرێت.

جا ئەوانەی کە پێیان وایە شتێك لە ئابوری دەزانن‌و سەریان سورِ دەمێنێت لە حەرام بونی ریبا دەڵێن: مامەڵەش هەروەك ریبا وایە کەواتە دەبێ مامەڵەش نەکەین چونکە ئەویش هەر قازانجی هەیەو هەروەك یەك وان ئەگەر مامەڵە حەڵاڵ بێت سوو خواردنیش حەڵاڵە ئا بەو شێوە ناشیرنە لەگەڵ ئایین‌و پێغەمبەری خوادا ﷺ قسەیان دەکرد بۆیە کاتی زیندو بونەوەیان وەکو شێت وان بەڵکو لەشێتیش وەزعیان پیسترو خراپتر دەبێت بە راستی ئەم قسەیان قسەی شێتانە چونکە مامەڵەو سوو هەرگیز وەکو یەك نین مامەڵە سودی هەیە بەڵام هەمیشە نیەو هەندێ جاریش زیان دەکات بە پێچەوانەوە سوو هەرگیز زیان ناکات هەمیشە هەر سود دەبات، جا ئەگەر وا چاوەڕێ بکەن کە بە هۆی ئەو سوو خواردنەوە دەوڵەمەند دەبن ﷲ دەفەرموێ:

(٢٧٦) ئەو ماڵە زیادەی کە سوو خۆر دەستی دەکەوێت خوا لە ناوی دەباتو بێ سوودی دەکات بۆی بەڵام خوا چاکەکان‌و ماڵ بەخشینەکان گەورەو زیاد دەکات، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ﴿مَنْ تَصَدَّقَ بِعَدْلِ تَمْرَةٍ مِنْ كَسْبٍ طَيِّبٍ وَلَا يَقْبَلُ اللَّهُ إِلَّا الطَّيِّبَ وَإِنَّ اللَّهَ يَتَقَبَّلُهَا بِيَمِينِهِ ثُمَّ يُرَبِّيهَا لِصَاحِبِهِ كَمَا يُرَبِّي أَحَدُكُمْ فَلُوَّهُ حَتَّى تَكُونَ مِثْلَ الْجَبَلِ/متفق عليه/ واتە هەر کەسێك بە ئەندازەی خورمایەك چاکە بکات لە ماڵێکی پاك کە خودا ماڵی پاك نەبێت وەری ناگرێت ئەوە بە ڕاستی خودا بە دەستی راستی خۆی وەری دەگرێتو لە پاشدا گەورەی دەکات بۆ خاوەنەکەی چۆن ئێوەی جوانوی ماینەکەتان گەورە دەکەن تا ئەو چاکەیە دەبێت بە ئەندازەی چیایەك﴾

بەڵام سووخۆری هەرچەند زۆر بێت ئاکامەکەی بەرەو زیان‌و کەمی دەچێت وەك لەم فەرمودەیەدا هاتوە کە پێغەمبەرمانﷺ فەرمویەتی: {الرِّبَا وَإِنْ كَثُرَ فَإِنَّ عَاقِبَتَهُ تَصِيرُ إِلَى قُلٍّ / احمد، صححه الالباني/ واتە سوو هەرچەند زۆر ببێت ئاکامەکەی بەرەو کەمی دەچێت}.

روخان‌و شکستی ئابوری جیهانی لەم سەردەمەدا کە بەدان پێدانانی زانایانی ئابوری ناس سەرچاوەکەی ریبای بانکەکان بوە بەزەقی منای ئەم فەرمودەی پیشاندایین جا بەسەربەزیەوە دەڵێین: رَضينَا باللهِ رباً وبمحمدٍ رسولاً وبالإسلامِ ديناً "

جا با شەمشەمە کوێرەکان با هەر رۆژ نەبینن." بەڵێ ئەم دوو فەرموودەیە منای ﴿ يَمْحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ ﴾ ی بۆ کردین، بەراستی خوای گەورە هیچ کافرو گوناهبارێکی خۆش ناوێت کابرای سو خۆر بەوبەشەی ﷲ رازی نیەو کەسابەتی حەڵاڵی پێ کەمەو دەیەوێت بە مژینی خوێنی

خەڵك خۆی سەروەت مەند بكات واتە ئینکاری نیعمەتی خودا دەکاتو تاوانبارە بە هۆی ئەو ماڵی خەڵك خواردنە بەو ڕێگا حەرامە. ئینجا الله سەبارەت بە پیاو چاکان دەفەرموێ:

(٢٧٧) بێگومان ئەوکەسانەی کە باوەڕیان هەیەو کرداری چاك دەکەنو نوێژەکانیان دەکەن زەکات دەدەن بۆ ئەوان هەیە پاداشتی گەورە لە لایەن خودای خۆیانەوەو ترسیان نیەو خەمیش ناخۆن لە ڕۆژی قیامەتدا. ئینجا دەچێتەوە سەر باسی سوو دەفەرموێ:

(٢٧٨) ئەی باوەڕداران لە خوا بترسنو واز بێنن لە ریبا واز بێنن لەوەی کە ماوەتەوە لە ریباو زیادەی پارەکەی خۆتان وەرنەگرن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن.

(٢٧٩) ئەوسا ئەگەر وا نەکەن سا ئیتر با جاڕی شەڕ بدەن دژی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ . جا لەسەر ئەمە قسەیەکی ئیمامی مالك هەیە دەڵێن، جارێکیان کابرایەك لە شەوێکی مانگە شەودا کابرایەکی عارەق خۆری دی کە بە شوێنی مانگ دا ڕای دەکرد، دەی وت: مانگ دەگرم، جا تەڵاقی خوارد کە هیچ شتێك لەوە پیستر نیە ئینجا بەیانی هاتە لای ئیمامی مالكو پرسیاری لێ کرد کە من تەڵاقێکی وام خواردوە ئایا هیچی تر هەیە پیستر لە عارەق؟ فەرموی بچۆرەوە بەیانی وەڵامت دەدەمەوە. دەڵێ: کە بەیانی گەڕایەوە وتی: بەڵێ تەڵاقت کەوتوە چونکە ریبا لە عارەق پیسترە، الله بۆ هیچ شتێك شەڕی ڕانەگەیاندوە مەگەر دژی سوو خۆر.

بەڵێ سوخۆری ئەوەندە پیسە بەڵام خودا زۆر بە ڕەحمەو دەفەرموێ: ئەگەر تەوبە بکەن ئەوە بۆتان هەیە کە سەرمایەکەتان وەرگرنەوە لە کابرا نە زوڵم بکەن لە کابراو زیادەی لێ وەرگرنو نە زوڵمیشتان لێ بکرێت کە مافی خۆتانتان پێ نەدرێتەوە.

(٢٨٠) ئەگەر ئەو کەسەی کە قەرزەکەی بەلاوە بوو بێ دەسەڵات بوو نەیبوو بیداتەوە دەی مۆڵەتی بدەن تا ئەو کاتەی کە دەسەڵات پەیدا دەکات.جا لەم بارەیەوە فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ هەیە کە دەفەرموێ: {عَنْ أَبِي قَتَادَةَ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ مَنْ نَفَّسَ عَنْ غَرِيمِهِ أَوْ مَحَا عَنْهُ كَانَ فِي ظِلِّ الْعَرْشِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ/احمدوغیره. صححه الالبانی/ لە ئەبو قەتادەوە هاتوە کەوتویەتی بیستم لەپێغەمبەری خواوە ﷺ کە دەیفەرمو: هەرکەسێك کەماوە بەقەرزاری بدات یان لەسەری لابات ئەوە لەرۆژی قیامەتدا لەژێرسێبەری عەرشدایە} لێرەش خودا دەفەرموێ: ئەگەر چاکە بکەنو کابرای کەم دەست عەفو بکەنو هیچی لێ وەرنەگرنەوە ئەوە چاکە بۆتان ئەگەر ئێوە بەخۆتان بزانن چونکە ئەوە ماڵێکی نەفەوتاوەو رۆژی قیامەت دەستتان دەکەوێتەوە. ﴿ئەوەی کەلای خۆتانە لە ناو دەچێت بەڵام ئەوەی کەلەلای خوایە دەمێنێتەوە﴾نەحل/٩٦.

ئێمە لە بارەی تاوانی سوو خۆرییەوە باسێکمان لە پەڕاوی ئابوری لە ئیسلامدا نووسیوە جا بۆ کەسێك کە زیاتری دەوێت با چاوێك بەودا بخشێنێتەوە. ئینجا خوای گەورە ئامۆژگاری بەندەکانی دەکاتو وەبیریان دەخاتەوە کە دنیاو ئەوەی کە تێیدایە هەموی لە ناو دەچێتو هەمو دەگەڕێنەوە بەردەم دادگای دادپەروەری خواو دەفەرموێ:

(٢٨١) بترسن لە ڕۆژێك کە ئێوە دەگەڕێنەوە بۆ لای دادگای خواو هیچ کەستان لەگەڵدا نایەت بێجگە لە کردەوەکانتان پاشان هەمو نەفسێك ئەوەی کە کردویەتی پێی دەدرێتەوەو ئەوان ستەمیان لی ناکرێت ئەگەر خراپەی کردوە خراپە پاداشیەتیو ئەگەر چاکەشی کردوە، چاکە پاداشتیەتی.

دەڵێن ئەم چەند ئایەتە ئاخرین ئایەتن کە هاتونەتە خوارەوەو پێغەمبەرمان ﷺ نۆ رۆژ پاش ئەم ئایەتانە ژیاوە. ئینجا لە درێژ ترین ئایەتی قورئاندا خوای گەورە سەبارەت بە قەرز دانو کڕینو فرۆشتن کە گرنگترین بەشەکانی ئابوریە باسمان بۆ دەکات کە بە ئایەتی پاش خۆی دەتوانین بڵێین تەواوی بنەما سەرەکیەکانی ئابوری لە خۆ گرتوە جا دەفەرموێ:

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيۡنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى
فَٱكۡتُبُوهُۚ وَلۡيَكۡتُب بَّيۡنَكُمۡ كَاتِبُۢ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَلَا يَأۡبَ
كَاتِبٌ أَن يَكۡتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ ٱللَّهُۚ فَلۡيَكۡتُبۡ وَلۡيُمۡلِلِ
ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ وَلۡيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ وَلَا يَبۡخَسۡ مِنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ
فَإِن كَانَ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ سَفِيهًا أَوۡ ضَعِيفًا أَوۡ لَا يَسۡتَطِيعُ
أَن يُمِلَّ هُوَ فَلۡيُمۡلِلۡ وَلِيُّهُۥ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ
مِن رِّجَالِكُمۡۖ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ
مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ
إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ وَلَا يَأۡبَ ٱلشُّهَدَآءُ إِذَا مَا دُعُواْۚ وَلَا تَسۡـَٔمُوٓاْ
أَن تَكۡتُبُوهُ صَغِيرًا أَوۡ كَبِيرًا إِلَىٰٓ أَجَلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ أَقۡسَطُ
عِندَ ٱللَّهِ وَأَقۡوَمُ لِلشَّهَٰدَةِ وَأَدۡنَىٰٓ أَلَّا تَرۡتَابُوٓاْ إِلَّآ أَن تَكُونَ
تِجَٰرَةً حَاضِرَةٗ تُدِيرُونَهَا بَيۡنَكُمۡ فَلَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ
أَلَّا تَكۡتُبُوهَاۗ وَأَشۡهِدُوٓاْ إِذَا تَبَايَعۡتُمۡۚ وَلَا يُضَآرَّ كَاتِبٞ
وَلَا شَهِيدٞۚ وَإِن تَفۡعَلُواْ فَإِنَّهُۥ فُسُوقُۢ بِكُمۡۗ وَٱتَّقُواْ
ٱللَّهَۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ٢٨٢

٢٨٢ ئەی خاوەن باوەڕان ئەگەر ئێوە قەرزتان دا بە یەکتر بۆ ماوەیەکی ناوبراو ئەوسا بینوسن تا لە بیر نەچێتەوەو لەپاشدا توشی کێشە نەبن، با لە نێوانتان دا نووسەرێك دادپەروەرانە بینوسێتو نوسەر نەڵێت نای نوسم، هەروەك ﷻ چۆن فرمانی بەسەر داداوەو ئەوی فێری عیلم کردوە ئاوەها ئەویش یارمەتی کابرا بداتو بۆی بنوسێت جا نوسەر با بنوسێ بەو شێوەیەی کەقەرز وەرگر دەڵێتو با لە خوا بترسێت کابرای قەرز وەرگرو هیچی لێ کەم نەکاتەوە نە لە مەوعیدەکەو نە لە ماڵەکە جا ئەگەر کابرای قەرزار خۆی نەزان بوو یان بێ هێزو لاواز بوو نەی دەزانی چۆن قسە بکاتو چی بڵێت تا نوسەر بۆی بنوسێت ئەوسا با سەرپەرشتی قەرزارەکە بڵێت هەندێك دەڵێن وەلیەکە بریتیە لە ساحیب قەرزەکە.واتە با خاوەن قەرزەکە بڵێت بە نوسەرو دوو شایەتیش لەو کاتەدا بە شایەت بگرن لە پیاوانتان جا ئەگەر دوو پیاو نەبوون با پیاوێكو دوو ژن بن واتە پیاوێك لە باتی دوو ژن حیساب دەکرێت ئەم دوو ژنە مانای وا نیە کە هەردووکیان شایەت دەبن لە دادگادا بەڵکو لە بەر ئەوەیە کەئەگەردوان بن یەکێکیان شتێکی لە بیر بچێتەوە ئەوی تریان وە بیری دەهێنێتەوە چونکە ژنان وا دروست بوون لە بیر چونەوەیان زۆرترە بەڵام کاتی مەحکەمە تەنها یەکێکیان داوا دەکرێت، ئەگەر شتێکی نەزانیو بە بیری نەهاتەوە ئینجا ئەوی تریان بانگ دەکرێت بزانرێت چۆن بوەو بۆیان ڕاست کاتەوە وەکو دەفەرموێ: لەوکەسانەی کە ئێوە بە لاتانەوە پیاوی چاکن جا ئەگەر یەکێك لەو دوو ئافرەتانە لە بیری چوویە جا ئەوی تریان دەی خاتەوە بیری، جا هەروەکو فەرموی نوسەر نابێ نەینوسێت هەروەها شایەتیش هەر کاتێ بانگ کران بۆ شایەتی ئەویش نابێ خۆی ببوێرێتو شایەتی نەدات، بێ تاقەتوبێ حەوسەڵە مەبن لە نوسینی ئەوقەرزە کەم بێت یان زۆر بێت پێویستە بینوسن، نەڵێن ئەوە شتێکی کەمەو لە بیر ناچێت. بەم شێوەیە پەروەردگارمان ئامۆژگایمان ئەکات تا شەڕو قەپو قاڵ لە نێوانماندا ڕوونەدات بۆیە فەرموی: با نوسەر بنوسێتو شایەت شایەتی بداتو لەم نوسینو شایەتیەدا کۆتایی نەکەن، هەتا دەگاتە ماوەی خۆیو ئیشەکە دوایی دێت ئەوە ئیشێکی دادپەروەرانەو ڕاست ترە لای خواو زۆر بە هێزترە بۆ شایەتی دان لە پاشداو قسەی شایەتەکان بە هێزتر دەکاتو نزیکترە بۆ ئەوەی لە پاشدا نەکەونە گومانەوە مەگەر ئەو کاتەی کە بازرگانیەکی ئامادەو دەست بە دەستی بێت کە ئەو شتانە زۆر زوو بکڕنو بفرۆشنەوە، ئەم نوسینە لێرەدا سەختە، بۆیە دەفەرموێ: لەم حاڵەتدا ئەگەر نەینوسن گوناهتان ناگات بەڵام هەر کاتێ مامەڵەتان کردو شتتان فرۆشت با شایەتتان هەبێت تا لە دواییدا دوچاری کیشە نەبن بەڵام ئەمە پێویست نەکراوە بەڵکو بۆ ڕێنمایی کردنە، وەك لەئەم فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ دا هاتوە کە دەفەرموێ: {إِنَّا أُمَّةٌ أُمِّيَّةٌ لَا نَكْتُبُ وَلَا نَحْسُبُ /متفق عليه/ ئێمە گەلێکی نەخوێندەوارین نەدەنوسینو نەژمارە دەکەین} هەروەها لەفەرمودەیەکی تردا هاتووەکە{ إِنَّ رَجُلًا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ سَأَلَ بَعْضَ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنْ يُسَلِّفَهُ أَلْفَ دِينَارٍ قَالَ : أَئْتِنِي بِالشُّهَدَاءِ أُشْهِدُهُمْ، قَالَ: كَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا قَالَ: أَئْتِنِي بِالْكَفِيلِ، قَالَ:كَفَى بِاللَّهِ كَفِيلًا. قَالَ: صَدَقْتَ فَدَفَعَهَا إِلَيْهِ إِلَى

أَجَلٍ مُسَمًّى. فَخَرَجَ فِي الْبَحْرِ فَقَضَى حَاجَتَهُ وَالْتَمَسَ مَرْكَبًا يَرْكَبُهُ لِئَلَّا يَقْدَمَ عَلَيْهِ الْأَجَلُ الَّذِي أَجَّلَهُ فَلَمْ يَجِدْ مَرْكَبًا فَأَخَذَ خَشَبَةً فَنَقَرَهَا وَأَدْخَلَ فِيهَا أَلْفَ دِينَارٍ وَصَحِيفَةً مِنْهُ إِلَى صَاحِبِهِ، ثُمَّ زَجَّجَ مَوْضِعَهَا ثُمَّ جَاءَ بِهَا إِلَى الْبَحْرِ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ إِنَّك تَعْلَمُ أَنِّي تَسَلَّفْت مِنْ فُلَانٍ أَلْفَ دِينَارٍ، فَسَأَلَنِي كَفِيلًا فَقُلْت لَهُ: كَفَى بِاللَّهِ كَفِيلًا فَسَأَلَنِي شَهِيدًا فَقُلْت لَهُ: كَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا فَرَضِيَ بِذَلِكَ، وَإِنِّي جَهَدْت أَنْ أَجِدَ مَرْكَبًا أَبْعَثُ إِلَيْهِ بِالَّذِي لَهُ فَلَمْ أَقْدِرْ وَإِنِّي قَدْ اسْتَوْدَعْتُكَهَا وَرَمَى بِهَا فِي الْبَحْرِ حَتَّى وَلَجَتْ فِيهِ ثُمَّ انْصَرَفَ وَهُوَ فِي ذَلِكَ يَلْتَمِسُ مَرْكَبًا يَخْرُجُ إِلَى بَلَدِهِ فَخَرَجَ الرَّجُلُ الَّذِي كَانَ أَسْلَفَهُ يَنْظُرُ لَعَلَّ مَرْكَبًا قَدْ جَاءَ بِمَالِهِ فَإِذَا بِالْخَشَبَةِ الَّتِي فِيهَا الْمَالُ، فَأَخَذَهَا لِأَهْلِهِ حَطَبًا، فَلَمَّا نَشَرَهَا وَجَدَ الْمَالَ وَالصَّحِيفَةَ، ثُمَّ قَدِمَ الَّذِي كَانَ أَسْلَفَهُ وَأَتَى بِالْأَلْفِ دِينَارٍ وَقَالَ: وَاَللَّهِ مَا زِلْت أَجْهَدُ فِي طَلَبِ مَرْكَبٍ لآتِيَك بِمَالِك، فَمَا وَجَدْت مَرْكَبًا قَبْلَ الَّذِي أَتَيْت فِيهِ قَالَ: هَلْ كُنْت بَعَثْت إِلَيَّ بِشَيْءٍ؟ قَالَ: نَعَمْ وَأَخْبَرْتُك أَنِّي لَمْ أَجِدْ مَرْكَبًا قَبْلَ الَّذِي جِئْتُك فِيهِ قَالَ: بَلَى وَاَللَّهِ، قَدْ أَدَّى اللَّهُ عَنْك الَّذِي بَعَثْت بِهِ فَانْصَرَفَ بِالْأَلْفِ دِينَارٍ رَاشِدًا /جامع الصغير.صححه الالباني/ کابرایەکی بەنی ئیسرائیلی داوای قەرزی کرد لە نەفەرێك وتی: چەندشایەتێك بێنە وتی: ﴿وكفى بالله شهيداً﴾ خوا بەسە شایەتمان بێت وتی: کەفیلم بۆ بێنە وتی:﴿وكفى بالله وكيلا﴾ خوا بەسە کە کەفیل بێت وتی: راستەدەکەیتو هەزار دیناری دا بەو کابرایەبۆکاتی دیاریو پاشان لە یەك جیا بوونەوەکابرا بەرەودەریاچوونیشەکەی خۆی ئەنجام دا جادوای ماوەیەك کە کاتی دانەوەی هاتو کابرای قەرزدار هەرچەند گەڕا ولاخێکی دەست نەکەوت کە بڕوات قەرزەکەی بۆ خاوەنەکەی بباتەوە.

وتی: خوایە تۆ خۆت ئاگاداری ئەم کابرایە داوای شایەتی لە من کرد تۆم کرد بە شایەتو داوای کەفیلی لێکردم تۆم کرد بە کەفیل. لە دوایدا کابرا دارێکی هێناوکونی کردو هەزار دینارەکەونامەیەك لەخۆیەوە بۆکابرای خاوەن قەرزەکە نوسیو خستتە ناوییەوە ئینجا کونی دارەکەی محکەم گرتوبردی بۆلای ئەوروبارەی کەبەرەولای خاوەن قەرزەکە دەچو ، جا وتی: خوایە تۆ خۆت دەزانی کەمن داوای هەزار دینار قەرزم لەفلان کرد داوای کەفیلی لێم کرد پێم وت: بەسە کە خوا کەفیل بێو داوای شایەتی لێ کردم پێم وت: بەسە کە خوا شایەت بێ جا ئەویش رازی بو، وەمن زۆرم هەوڵدا ولاخێکم دەست نەکەوت کە سواری ببمو ئەم قەرزەی بۆببەمەوە ئاوا من بەئەمانەت دەیدەمەوە بەتۆ و دارەکەی بەرەو روبارەکە پاڵنا تاچوەناویەوە پاشان گەڕایەوە بەلام هەر هەوڵی ئەوەی دەدا کەولاخێکی سواری دەست کەوێتوبچێت بۆ ئەوشارەی خاوەن قەرزەکە، جا ئەو کابرایەش کە قەرزی لە لای بوو هەر چاوەڕێ دەکرد لەسەر ئەو رووبارە بەلکو کەسێك بێتو قەرزەکەی بۆ بێنێتەوە جا بینی کۆلکە دارێك لەسەر ئاوەکە دێت ئەویش گرتیەوەو بردیەوە بۆ ماڵەوە کە بیسوتێنێت کە لەتی کرد بۆ سوتان دیتی کاغەزێکی تێدایە کاغەزەکە لێ کردەوەو تەماشای کرد کە هەزار دینارەکەی لە ناو کاغەزەکەدایە بەم شێوەیە کابرا هەزار دینارەکەی بە دەست گەیشتەوە کابرای تریش هەر خەمی دەخوارد دەیووت ئایا هەزاردینارەکەی بەدەست نەگەیشت بێت پاش ماوەیەکی کەم کابرای قەرزار ولاخێکی دەست کەوتو هەزار دیناری تری لەگەل خۆی بردو چوبۆ لای کابراو وتی: خودا ئاگاداره ویستم لەکاتی خۆیدا پارەت بۆ بهێنمەوەبەلام هیچ ولاخێکم بەدەست نەکەوت تابێم بۆلاتان. خاوەن قەرزەکەش وتی: ئەی لە پێشەوە کەسێکت رەوانە نەکردوە؟

وتی: پێم وتیت بەخوا ولاخێکم دەست نەکەوت پێش ئیستا، ئینجاخاوەن قەرز وتی: نەوانیە بەخوا، خوا ئەوەی کە ناردوتەوە بە دارەکەوە بە دەستمی گەیاند، جا کابرا بە هەزار دینارەکەوە بە خۆشی بەرەوماڵ گەڕایەوە} جا ئاوایە هەر کەسێك بە راستی خوا بکات بە شایەتو بە کەفیل. ئەم ریوایەتە ئیمامی بوخاری لە حەوت شوێندا نەقلی کردووە ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە شایەتو نوسین واجب نیە بەلام لەم بارەوە کە لە کەعبەوە دەیگێڕنەوە کە کابرایەك دوعای کرد لە کابرایەك کە قەرزی لا بوو خوای گەورەش دوعاکەی لێ قەبووڵ نەکرد. چونکە ئەو کاتە خۆی بە گوێی خوای نەکرد بو نە شایەتی هەبوو نە نوسەر. بۆیە دەفەرموێ: نە نوسەرکەو نە شایەتەکان زیانیان لێ نەدرێت، وەئەگەر شتی واتان کردوزیانتان لێدان

۞ وَإِن كُنتُمْ عَلَىٰ سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُوا۟ كَاتِبًا فَرِهَٰنٌ مَّقْبُوضَةٌ
فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ وَلْيَتَّقِ
ٱللَّهَ رَبَّهُۥ ۗ وَلَا تَكْتُمُوا۟ ٱلشَّهَٰدَةَ ۚ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُۥٓ
ءَاثِمٌ قَلْبُهُۥ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ (٢٨٣) لِّلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَإِن تُبْدُوا۟ مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ
يُحَاسِبْكُم بِهِ ٱللَّهُ ۖ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۗ
وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ (٢٨٤) ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ
إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ
وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا
وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ (٢٨٥) لَا يُكَلِّفُ
ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ۗ
رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ
عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا
تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ ۖ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ ۚ
أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ (٢٨٦)

ئەوسا ئەوە گوناهێکی گەورەیەو پێی تاوانباردەبن‌و بترسن لە ﷲ خۆ ﷲ ئێوە شارەزا دەکات کە چۆن لەگەل یەکتردا هەڵسوکەوتی جوان‌و مرۆڤ دۆستانە ئەنجام بدەن‌و ﷲ زانایی بە سەر هەمو شتێك دا هەیە.

(٢٨٣) جا ئەگەر ئێوە لە سەفەردا بون‌و کەسێك نەبو بنوسێت بۆتان‌و نیازتان بو، کە قەرز وەربگرن لە کابرایەك یان قەرز بدەن بە کابرایەك بائەوکارەبکەن جا رەهنێك وەرگیرێت. بۆ نمونە تۆ دەتەوێت دە دینار لە کەسێك وەرگری‌و ئەویش دەتوانێت لە باتی ئەو دە دینارە شتێك لە بارمتەی دا وەرگرێت، بەڵام نابێت سود لەو شتە وەربگرێت چونکە تەنها لە باتی قەرزەکەیەو ئەگەر قەرزەکەت لە کاتی دیاری خۆیدا پێنەدایەوە بۆی هەیە شتەکەت بفرۆشێت‌و پارەی خۆی لێ هەڵبگرێت‌و هەرچی زیادی بوو دەبێ بیداتەوە پێت ئەمە پێی دەوترێت رەهن، ئەوەی کە ئەمرۆ دەکرێت‌و کابرای خاوەن قەرز سود لە رەهنکراوەکە وەردەگرێت تا کابرا قەرزەکەی دەداتەوە دروست نیەو بەشێکە لە سو خۆری، وتراوە (كُلُّ قَرْضٍ جَرَّ نَفْعًا فَهُوَ رِبًا/ هەر قەرزێك زیادەی بێتەسەر ئەوە ربایە) ئەو رەهنە تەنها بۆ ئەوەیە کە کابرای خاوەن قەرز دڵنیابێت کە ماڵەکەی نافەوتێت. ئینجا خوای گەورەو کاربەجێ یاسایەکی ترمان هەر لە بارەی مامەڵەوە بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ: جا ئەگەر هەندێك لە ئێوە هەندێکی تری کرد بە ئەمین‌و شتێکی دایە دەستی‌و وتی: با ئەمە لای تۆ بێت جا هەر کاتێك داوا لەکابرای ئەمین کرا با ئەمانەتەکە بداتەوەو ماتەڵی نەکات. واتە ئەمانەت دانان دروستەو کابرای ئەمینیش نابێ دەستی لێ بدات. چونکەیەکێك لە بەڵگەی مونافیق ئەوەیە کە خیانەت لە ئەمانەت بکات. جادەفەرموێ: وە با لەو خوایە بترسێت کە پەروەردگاریەتی‌و شایەتی نەشارنەوەو نەترسن لە کەس بۆ ئەو شایەتی دانەش، ئەوسا هەر کەسێك ئەو شایەتیە بشارێتەوە خۆی گوناهبار کردوەو خۆی دوچاری سزا دەبێت لە پاشە رۆژداو ﷲ بەوەی کە ئێوە دەیکەن زانایە.

(٢٨٤) موڵکی خوایە ئەوەی کە لە ناو ئاسمانەکاندایەو ئەوەیش کە لە ناو زەویدایە، وەئەوەی کە لە ناو دڵتان دایە چ دەری بخەن‌و چ بیشارنەوە ﷲ پرسیارتان لێ دەکات ئەوسا خۆش دەبێت لەو کەسانەی کە ئارەزۆی لێ بێت‌و سزا دەدات ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت‌و کەس ناتوانێت زۆری لێ بکات نە بۆ بەخشین‌و نە بۆ سزا چونکەبەراستی ﷲ توانای بە سەر هەمو شتێکدا هەیەو هیچ شتێك توانای بەسەر ئەودانیە.

ئەبو هورەیرە دەڵێت: کاتێ کە ئەم ئایەتەی سورەتی بەقەرە دابەزی یارەکانی پێغەمبەرﷺ زۆر خەمبار بون‌و زۆر ترساون‌و چونەتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺو لەسەر ئەژنۆ دانیشتون جا وتویانە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی تا ئێستاداوامان لێ کراوە لەکردار لەتواناماندا بوەو کردومانە، نوێژ، رۆژوو، غەزاو چاکە، بەراستی ئەم ئایەتە دابەزیوەتە لات‌و لەتواناماندا نیە، فەرموی: {أَتُرِيدُونَ أَنْ تَقُولُوا كَمَا قَالَ أَهْلُ الْكِتَابَيْنِ مِنْ قَبْلِكُمْ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا بَلْ قُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ؟ /احمدومسلم/ پێغەمبەرﷺ فەرموێ: ئایا وا دەڵێن: کە ئەهلی هەردوو کتێبەکەی پێش ئێوە وتیان بیستمان‌و سەرپێچیمان کرد؟ بەڵکو بڵێن: بیستمان‌و پەیڕەویمان

کردو چاوپۆشیتمان دەوێت ئەی پەروەردگارمان وەهەر بۆلای تۆیە سەرەنجاممان؟ جا ئەوانیش وتیان: بیستمان‌و پەیڕەویمان کردو چاوپۆشیتمان دەوێت ئەی پەروەردگارمان وەهەر بۆلای تۆیە سەرەنجاممان جا کاتێ ئەو گەلە ئەوەیان خوێندەوە، زمانیان بەو رام بو ئینجا بەدوای ئەوەدا ﷻ ئەم ئایەتانەی رەوانە کرد ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ ..﴾ جا کاتێ ئەمەیان کرد خوای بڵەند مەقام ئەو بۆچونەی ئەوانی لەو ئایەتە هەڵوەشاندەوە، ئینجا ئایەتی ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ ...﴾ی، دابەزاند}

(٢٨٥) پێغەمبەر ﷺ باوەڕی هەیە بەوەی کە دابەزیوەتە لای لە لایەن پەروەردگاریەوەو باوەڕدارانیش هەمویان باوەڕیان هەیە بە خواوو بە فریشتەکانی‌و بە پێغەمبەرەکانی‌و دەڵێن: جیاوازی ناخەینە نێوان هیچ کام لە پێغەمبەرانیەوەو هەمویان پێغەمبەری خوا بوون هەمویشیان راست بوون‌و هەمویان پەیامی خۆیان بەتەواوی ئەنجام داوە، جاوتیان: بیستمان‌و گوێ رایەڵیمان کرد لێ خۆشبوونمان لێت دەوێ ئەی پەروەردگارمان‌و هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە.واتە، پاداشت‌و سزامان هەر لە لای خۆتەو چاوەڕوانی بەخشین‌و بەهەشتی هەتا هەتاین. ئینجا پاش ئەوە کە موسڵمانان وتیان: ﴿سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَا﴾

ﷻ بەزەی بە موسڵمانان دا هاتەوەو فەرموی: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَا ...﴾ ﷻ تەکلیف ناکات لە هیچ کەسێك مەگەر بە گوێرەی توانای خۆی بێت.

بەو شێوەیە خەتەراتی ناو دڵ کەوت بەر عەفوی خواوچاو پۆشی لێ کراو باری گرانی پێشوو لا برا جا ئەگەر کەسێك خەتەرەیەکی خراپی بە ناو دڵدا هات بەڵام دەوامی لەسەر نەکرد ئەوە عەفوو کراوە، هەر کەس هەر ئیشێکی باشی کردبێت بۆخۆیەتی‌و پاداشتی وەردەگرێتەوە ئەگەر خۆی هەڵی نەوەشانیبێتەوەو هەرچی خراپەیەکیشی کردبێت هەر لەسەر خۆیەتی‌و هەموی لەسەر دەنووسرێت‌و سزا دەدرێت لەسەری مەگەر بەر عەفوی خوا کەوتبێت یان پێش مردنی تەوبەی لەو خراپانە کردبێت و پەشیمان بوبێتەوە. ئینجا موسڵمانان دەڵێن: ئەی پەوەردگارمان لۆمەمان مەکە لەسەر ئەو شتانەی کە لە بیرمان چوبێتەوە یان بە هەڵە کردبێتمان، ئەی پەروەردگارمان باری گران مەدە بە سەرماندا وەك ئەوبارە گرانەی کەداوتە بە سەر ئۆممەتانی پێش ئێمەدا.

جا کاتێ کە پێغەمبەر خوا ﷺ ئایەتی ئەی پەروەردگارمان تۆڵەمان لێ مەسێنە لەسەر لە بیر چوونەوەو هەڵەکانمانی خوێندەوە ﷻی خاوەن شکۆ فەرموی: بەڵێ، (واتە تۆڵەتان لێ ناسێنم) ئەم فەمودەیەش راستەو موسلم هێنایەتیەوە.

(٢٨٦) ئەی پەروەردگارمان نەی دەیت بە سەرماندا ئەوەی کە لە توانامان دا نیەو چاوپۆشیمان لێ بکەو لە تاوانەکانمان خۆش ببەو رەحممان پێ بکەبە راستی هەرخۆت سەرپەرست‌و یارمەتی دەرمانی سا خوایە یارمەتیمان بدەوسەرمابخە بە سەر گەلی کافران دا بەبەڵگەو بەغەزاو بەسەرکەوتنی ئایینەکەمان. ئەمە بوو پاڕانەوەی موسڵمانان‌و ئەمە بوو سیفەتی موسڵمانانی راستەقینە جا هەر کاتێك کە ئایەتێکی قورئان یان هەر کاتێك حەدیسێکی پێغەمبەرمان ﷺ بۆ باس دەکرێت، ئەگەر عەقڵمان دەرکی ماناکەی نەکرد با عاقڵانە بیر بکەینەوەو بڵێین: بیستمان‌و پەیڕەوی دەکەین نەك نەفامانە عەقڵی خۆمان بکەین بە پێوەرو ئایەت‌و حەدیسی پێدا بکێشین‌و دەست بکەین بە بەرپەرچدانەوەی هەرشتێك کە عەقڵمان نەیگرت.

پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: {الآيَتَانِ مِنْ آخِرِ سُورَةِ الْبَقَرَةِ مَنْ قَرَأَهُمَا فِي لَيْلَةٍ كَفَتَاهُ/متفق عليه/ ئەم دوو ئایەتەی کۆتایی سورەتی بەقەرە هەرکەس بیانخوێنێ لەشەودا بەسن بۆی} وە دەفەرموێ: {أُعْطِيتُ خَوَاتِيمَ سُورَةِ الْبَقَرَةِ مِنْ بَيْتِ كَنْزٍ مِنْ تَحْتِ الْعَرْشِ، لَمْ يُعْطَهُنَّ نَبِيٌّ قَبْلِي/احمد، صححه الالباني/ کۆتای سورەتی بەقەرە لەماڵێکی خەزانەوە لە ژێر عەرشدا پێم بەخشراوە کە بە هیچ پێغەمبەرێکی پێش من نەدراوە}.

٣ سورەتی ئالی عیمران ٢٠٠

سورەتی ئالی عیمران كە سورەتی سێهەمی قورئانە، دووسەد ئایەتە لە پاش سورەتی بەقەرە لە سەرتای هیجرەتی پێغەمبەرەوە ﷺ لە مەدینە دابەزیوە، هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە بەم ناوە ناسراوە، لەم سورەتەدا باسی چاكیو گەورەی بنەماڵەی عیمرانی باوكی مریەمو زەكەریای پێغەمبەر عليه السلام كراوە، پێغەمبەر ﷺ سورەتی "بەقەرە" و سورەتی "ئالی عیمران"ی بە " الزَّهْرَاوَيْن" واتە "دوو گوڵ" ناو بردوە، فرمانی داوە كە باوەڕداران فێریان ببن. پەیوەندی نێوان ئەم سورەتەو سورەتی پێشی زۆر رونە، زۆربەی ئەو حوكمانەی كە لەسورەتی پێشودا بەكورتی باسكراوە لەم سورەتەدا درێژەی پێدراوە، زانایان وتویانە هەركات لەنێوان دوو سورەتدا نزیكیو یەك ریزیەكی زۆر بێت كۆتایی سورەتە دووهەمینەكە هەر ئەوباسەیە كە لە سەرەتای سورەتی یەكەمەوە هاتوە، لە سەرەتای سورەتی بەقەرەدا باسی موتەقیەكانو رزگار بونیان كرا، جا دەبینین لە كۆتای ئەم سورەتەدا دەگەڕێتەوە سەرباسی ئەوانو موژدەی بەهەشتیان پێدەداتو داوا لەباوەڕداران دەكات كە ئەهلی تەقوابن تاكو رزگاربن لە سزای پەروەردگار.

بەناوی الله ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان.

(١) سەرەتای سورەتەكە بەم پیتانە دەست پێ دەكات: (ئەلیف، لام، میم) راسترو دروستر قسە ئەوەیە كە دوور كەوینەوە لەو هەمو قیلو قالێكو بڵێین: باوەڕمان وایە ئەمانە بەشێك لەم قورئانەن كە لە لایان پەروەردگارەوە دابەزیوەو هەرخۆیشی زاناترە كە مەبەستی چیە لەم پیتانە.

(٢) خوا ئەو زاتەیە كە هیچ پەرەستراوێكی راستەقینەتر نیە بێجگە لە ئەو كە زیندوەو هەموو شتێك بە هۆی ئەوەوە وەستاوە، كە ئەگەر وجودی ئەو نەبێت وجودی هیچ شتێكی تر نابێت.

(٣) ئەو خوایەی كە رەوانەی كردۆتە سەر تۆ ئەی محمد ﷺ ئەم كتێبە كە قورئانە بەمەبەستێكی رەواو حەق

سُورَةُ آلِ عِمۡرَانَ ٣ ٢٠٠

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
الٓمٓ (١) ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ (٢) نَزَّلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ
بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَأَنزَلَ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ (٣) مِن
قَبۡلُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ ٱلۡفُرۡقَانَۗ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٞ
شَدِيدٞۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ (٤) إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخۡفَىٰ عَلَيۡهِ شَيۡءٞ فِي
ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ (٥) هُوَ ٱلَّذِي يُصَوِّرُكُمۡ فِي
ٱلۡأَرۡحَامِ كَيۡفَ يَشَآءُۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (٦) هُوَ
ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ
وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ
مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ
وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ
إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ (٧) رَبَّنَا لَا تُزِغۡ قُلُوبَنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَيۡتَنَا وَهَبۡ
لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةًۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ (٨) رَبَّنَآ إِنَّكَ جَامِعُ
ٱلنَّاسِ لِيَوۡمٖ لَّا رَيۡبَ فِيهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ (٩)

كە دان دەنێت بەوەی كە لە پێش خۆی دا هاتوە وە باوەڕی بە راستیو دروستی هەمویان هەیەو تەوراتو ئینجیلیشی لە پێش دا ڕەوانە كردوە.

(٤) كە ئەوانە هەمویان لە كاتی خۆیاندا رێ پێشاندەر بوون بۆ خەڵك تا ئەو كاتەی گۆڕێندران، وە فورقانیشی پاش ئەوان رەوانە كردوە كە ئەمەش ناوێكی تری قورئانە واتە جیا كەرەوەی راستو ناڕاست، بە بێگومان ئەوكەسانەی كە بێ باوەڕن بە نیشانەكانی خوا بۆ ئەوان هەیە سزایەكی دەرد ناك، بە راستی خوا خاوەنی هێزوو دەسەڵاتە بۆتۆڵە سەندنەوە لە ستەمكارانو ملهوڕانو تاوانباران و لای ئەو زۆر ئاسانەو كەس ناتوانێت لە دەستی دەربچێت.

قورئان چوار ناوی هەیە (الذكر، الكتاب، الفرقان، القرآن).

(٥) بە بێگومان الله نە لە زەویو نە لە ئاسماندا هیچی لێ ون نابێت،جا ئەوانەی كە تاوان دەكەن چی دەكەنو لە كوێ دا ئەو تاوانانەی خۆیان دەشارنەوە، هەر دەبێ بە كۆڵی تاوانەوە بچنە بەردەم دادگای خوا،

(٦) هەر ئەوە وێنەی كێشاون لە ناو منداڵدانو لە ناو سكی دایكتاندا، لە ناو ئەو جێگا تەنگو تاریكە دا بەو شێوەی كە خۆی ئارەزۆی لێ بوە بێ ئەوەی دایكو باوك بتوانن لەو نەخشو نیگارەدا كەمترین دەسەڵاتیان هەبێت، بەراستی هەر خۆیەتی دروستكار كە هیچ پەرستراوێكی راستەقینە تر بێجگە لە ئەو نیە كە خاوەنی هێزو دەسەڵاتەو ئیشەكانیشی بە حیكمەتە. جا باسی ئەوەمان بۆ دەكات ئەوەی كە لەم كتێبە دا هاتوە كە دوو بەشە. بەشێكی (محكم)ەو بەشێكی تری (موتشابە)و دەفەرموێ:

(٧) خوا ئەو زاتەیە كەئەم كتێبەی بۆ تۆ رەوانە كردوە ئەی محمد ﷺ كە لەو كتێبە دا چەندەها ئایەتی موحكم هەیە كە حوكمیان دەزانرێتو ئیشیان پێ دەكرێتو ماناكەیان زۆر رۆشنو ئاشكرایە كەئەوانە ئەسڵی كتێبەكەنو ئەو كتێبە بۆ ئەو مەبەستە رەوانە كراوە، وە هەندێكی تری ئاڵۆزەو لەیەك دەچنو چەندین مانا هەڵدەگرێت، جائەوانەی كە نەخۆشی لە ناو دڵیاندایە دوای ئەوانە دەكەون كە مانایان رۆشن نیە جا نەك بۆ ئەوەی راستی بزانن، بەڵكوبە مەبەستی ئاشۆب دروست كردنو بە مەبەستی مانای نارێك، وە مافیان نەبو كەئەو رێگا هەڵەیە بگرنە بەر، چونكە مانای ئەو موتەشابیهانە نازانێت بێجگە لە خوای گەورە خۆی، وە ئەوانەی كەوا زۆر چونەتە خوارەوە لە عیلماو شارەزاییان لە تەوحیدو یەكتا پەرەستی دا زۆرە دەڵێن: ئێمە ئیمانمان بەو ئایەتانە هەیەو لە لایەن خوای خۆمانەوە هاتوە، وە بێگومان سودێكی زۆری تێدایە بەڵام ئێمە دەركی ناكەین،جابیر ناكەنەوە لەم راستیانە مەگەر ئەوانەی كە خاوەنی ژیرین. واتە تەنها خاوەن عەقڵەكان لەمە بیر دەكەنەوەو سودی لێ وەردەگرن،

تێبینی:جۆری موتەشابیهەكانو موحكەمەكان:

یەكەم- لە بارەی مانای وشەكەوە:

١- قورئان هەموی موتەشابیهە واتە هەموو لە یەك دەچێت وەك لەم ئایەتە دا هاتوە كە دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا مَّثَانِيَ ﴾ الزمر: ٢٣ / خوا ئەو زاتەیەكە جوانترین قسەی رەوانە كرد وە كە پەراوێكەو ئایەتەكانی لە یەك تردەچن كە دووبارە ئەبێتەوە ﴾

٢- قورئان هەموی موحكەكمە واتە: هەمو وشەكانی راستو رەوانو هی خوایە وەكو لەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ﴿ الٓرۚ كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ (١) ﴾ هود: ١ / ئەمەكتێبێكە كە ئایەتەكانی موحكەمن لە پاشدا درێژەی پێدراوەو رۆشن كراوەتەوە لە لایەن داناو زۆر ئاگادارەوە كە الله یە﴾.

٣- هەندێكی قورئان موحكەمەو هەندێكی تری موتەشابیهە وەك لەم ئایەتەدا فەرموی جا ئەم جۆرە موتەشابیهانەش بە لای هەندێ زاناوە كەس نایزانێت بێجگە لە خوا خۆی كە ئەم رێگەیان بێ دەردی سەر ترە، وە بە لای هەندێكی ترەوە ئەوانەی كە زۆر شارەزا ببن لە خوا ناسیو یەكتا پەرەستی دا دەیزانن، كە ئیبنو عباس لە سەر ئەم باوەڕەیەو خۆی بە یەكێك لەوانە دەزانێت. من رەئی یەكەمیانم بەلاوە ئەهوەن ترەو دووهەمیش بە دوور نازانم ﴿لله شأن فی خلقه﴾ بەڵام من وانازانم كەموتەشابیهی هەتا هەتایی لە قورئان دا هەبێت بەلامەوە وایە كەموتەشابیهەكان كاتین بۆ نمونە، سەلامی فریشتەكان لە پیاوی چاك لە كاتی سەرەمەرگ دا موتەشابیهە تا ئەو كاتە، بەڵام لەو كاتەدا چۆنیەتی سەلام كردنەكەیان ئاشكرا دەبێت بۆ كابرا، میزانو كێشانی كردەوەكان بۆ ئێمەو لە دنیادا موتەشابیهە، بەڵام كە گەیشتینە ئەو كاتەراستی دەزانینو لە موتەشابیهەكان دەردەچێت بینینی خوا لە رۆژی قیامەت دا موتەشابیهە بەڵام لەو كاتەی كە بینیمان ئیتر حەقیقەتی ماناكە دەردەكەوێت، وە هەروەها باقی موتەشابیهەكانی تر، هەر خوایش زانایە. لەوانەیە بپرسن دەی ئەگەر موتەشابیهەو مانای نازانین بۆچی هاتووە؟دەڵێین.

١. ئەو خوایەوخاوەنی هەموشتەو هەرچی بكات پرسیاری لێ ناكرێت ﴿ لَا يُسۡـَٔلُ عَمَّا يَفۡعَلُ وَهُمۡ يُسۡـَٔلُونَ (٢٣) ﴾ الأنبیاء: ٢٣

٢. مەرج نیە كەس مانای نەزانێت وەكو لە پێشەوە باسمان كرد.

٣ـ مەرج نیە هیچ کات مانای نەزانرێت وەك لە پێشەوە ئەویشمان باس کرد.

٤ـ ئەگەر بڵێین کەس کەس نایزانێت وە هیچ کاتیش نازانرێت دووبارە ئەو دروستکارەو دوو پەڕاوی داناوە لە بەردەم ئێمە دا یەکێکیان ئەم قورئانەیە کە ئەیخوێنینەوەو ئەوی تریان ئەم بوونەوەرەیە هەروەکو لەم بوونەوەرەدا هەزاران شتی داناوە تا ئێستا ئێمە سودەکانیانمان نەزانیوە وەکو مارو دوپشكو مشكو پلنگو گورگو سەدان شتی تر، هەروەها لەم قورئانەدا ئەو ئایەتە موتەشابیهانەیشی داناوە ئەگەر هەر هیچ سودێکی نەبێت ئەو سودە گرنگەی هەیە کە بزانرێت کێ بەبێ چەندو چۆن فەرمانی خواو نیشەکانی وەرئەگرێتو کێشی ئەمانە ئەکات بە بەهانە خۆی لە خوا ناسیو بەندایەتی ئەبوێرێت واتە هیچ نەبێت هۆی تاقیکردنەوەی نەوەی ئادەمە کە

ئێمەیش هەر بۆ ئەوە تاقی بکرێینەوە دروست کراوین ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا /الملك: ٢ / واتە مەرگو ژیانی دروست کرد تا تاقیتان بکاتەوەو بزانێت کامتان کرداری جوانتر ئەکەن﴾. ڕەحمەتی خوا لەشاعیری کورد مەولەوی کە دەڵێ : گەر زەڕەیە شعور هەیە پێتەوە ، کەوتیان خودا ئە بڕێتەوە.

جا هەندێك لە سەر وشەی ﷲ لە ﴿إِلَّا ٱللَّهُ﴾ دا نەوەستاون بەڵکو لە سەر وشەی ﴿ٱلْعِلْمِ﴾ لە ﴿وَٱلرَّٰسِخُونَ فِى ٱلْعِلْمِ﴾ وەستاون واتە مانای ئەو ئایەتانە نازانن مەگەر خواو ئەو کەسانەی کە زۆر چونەتەوە خوارەوە لە عیلم دا کە لە پێشەوە وتمان: عبداللە ی کوری عەباس وای بۆ چوەو پێغەمبەریشﷺ دوعای زیاتر زانینی بۆ کردوەو فەرمویەتی: {اللَّهُمَّ فَقِّهْهُ فِي الدِّينِ وَعَلِّمْهُ التَّأْوِيلَ / متفق عليه/ ئەی پەروەردگار شارەزای بکەیت لە دینداو فێری تەفسیری بکەیت} وشەی (التَّأْوِيل) بە دوو مانا هاتووە:

یەکەم: حەقیقەتی شت کە بەم مانایە چاك وایە لە سەر وشەی ﷲ بوەستیت، چونکە حەقیقەتو ڕاستی ئەو شتە نهێنیانە تەنها ﷲ خۆی دەیزانێت.

دووهەم: تەئویل واتە تەفسیرو مانای وشە، ئابەم مانایە ئەگەر لە سەر وشەی ﴿ٱلْعِلْمِ﴾ بوەستیت باشە، چونکە ئەوان ماناو مەفهومی شتەکە دەزانن، عائیشەخوالێی ڕازی بێت دەڵێ: پێغەمبەری خواﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوەوفەرموی: {فَإِذَا رَأَيْتِ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ فَأُولَئِكِ الَّذِينَ سَمَّى اللَّهُ فَاحْذَرُوهُمْ/البخاری/ جا هەرکاتێ کەسانێك کە بە دوای ئەو بەشەئاڵۆزەدا کەوتن ئەوسا بزانن کە ئەوانەن خوا ناوی بردون ئەوساخۆتانیان لێ بپارێزن}

بەڵێ دنیا دنیایی تاقیکردنەوەیەو دڵەکان زۆر ئەم دیو ئەو دیو دەکەن بۆیە خاوەن باوەڕانی ڕاست دەڵێن:

(٨) ئەی پەروەردگارمان دڵەکانمان لا مەدە لەئایین پاش ئەوەی کە هیدایەتت داینو ڕێنمایت کردینو ببەخشە پێمان لە لایەن خۆتەوە ڕەحمەتو سۆز بە بێگومان تۆ هەر خۆتیت بەخشندە.

لەمبارەوە ئوموسەلەمە دەڵێ: پێغەمبەری خواﷺ زۆرجار دەیفەرمو: {يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ قَالَتْ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا أَكْثَرَ دُعَاءَكَ يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ قَالَ يَا أُمَّ سَلَمَةَ إِنَّهُ لَيْسَ آدَمِيٌّ إِلَّا وَقَلْبُهُ بَيْنَ أُصْبُعَيْنِ مِنْ أَصَابِعِ اللَّهِ فَمَنْ شَاءَ أَقَامَ وَمَنْ شَاءَ أَزَاغَ /رواه الترمذی وصححه الالبانی/ ئەی گوێڕێنەری دڵەکان دڵم سەقامگیربکە لەسەر ئایینەکەت. دەڵێ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چەندزۆر ئەودوعای (يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ) دەفەرموی؟! فەرموی ئەی ئوموسەلەمە بێگومان هیچ بنیادەمێك نییە مەگەر دڵی ئەو لەنێوان دووئەنگوست لە ئەنگوستەکانی خوادابێت جائارەزۆی لەهەرکەسێك بوو، ڕاست دەیوەستێنێو کامیشی ئارەزۆڵێ بوو لای دەدات}

وەئەوژیرانە دەڵێن:

(٩) ئەی پەروەردگارمان بێ گومان تۆ کۆکەرەوەی خەڵکی لە ڕۆژێکدا کە هیچ گومان لەهاتنیدا نیە کە ڕۆژی قیامەتە بە بێگومان کە ﷲ پێچەوانەی بەڵێنی خۆی ناکاتو هەر بەڵێنێکی دابێت جێ بە جێی دەکات.

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغۡنِيَ عَنۡهُمۡ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُم
مِّنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗاۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ وَقُودُ ٱلنَّارِ (١٠) كَدَأۡبِ ءَالِ
فِرۡعَوۡنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡۗ
وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ (١١) قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ سَتُغۡلَبُونَ
وَتُحۡشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ (١٢) قَدۡ كَانَ
لَكُمۡ ءَايَةٞ فِي فِئَتَيۡنِ ٱلۡتَقَتَاۖ فِئَةٞ تُقَٰتِلُ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ
وَأُخۡرَىٰ كَافِرَةٞ يَرَوۡنَهُم مِّثۡلَيۡهِمۡ رَأۡيَ ٱلۡعَيۡنِۚ وَٱللَّهُ
يُؤَيِّدُ بِنَصۡرِهِۦ مَن يَشَآءُۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبۡرَةٗ لِّأُوْلِي
ٱلۡأَبۡصَٰرِ (١٣) زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ
وَٱلۡبَنِينَ وَٱلۡقَنَٰطِيرِ ٱلۡمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلۡفِضَّةِ
وَٱلۡخَيۡلِ ٱلۡمُسَوَّمَةِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ وَٱلۡحَرۡثِۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ
ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ (١٤) ۞ قُلۡ
أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيۡرٖ مِّن ذَٰلِكُمۡۖ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتٞ
تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَأَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞ
وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ (١٥)

(١٠) به بێگومان ئەوانەی کە کافرن نەماڵو نە ئەولادیان لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ سودێکیان پێ نادات و هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێت لە سەر ئەم ئەولادانەی کە ئەوان لە دنیادا پارێزگاریان لێ دەکردن ئەوانە بە ڕاستی سوتەمنی ئاگری جهەنمن وەك لە سورەتی تەحریمدا دەفەرموێ: ﴿ئەی خاوەن باوەڕان خۆتانو خاوخێزانتان لە ئاگرێك بپارێزن کە هەڵگرێنەرو سوتەمەنی ئەو ئاگرە ئینسانو بەردە﴾

(١١) هەروەکو نەریتی ئالی فرعەونو ئەوانەی کە لە پێش ئەمانەدا بوون کەبێ باوەڕ بوون بە نیشانەکانی ئێمە، جا خوای گەورە گرتنی بە هۆی ئەو تاوانانەی کە کردیان لەدژایەتی موساو پەیڕەوانیو بە ڕاستی خوا زۆر بە هێزە لە تۆڵە سەندنەوەدا. واتە ئا ئەو گەلە ئەی محمدﷺ کە دژایەتی تۆ دەکەن و بە گوێت ناکەن شتێکی تازە نین بەڵکو هەروەکو چۆن ئالی فرعەون لە پێشدا ئەمەیان دەکردو بێ باوەڕ بوون بە نیشانەکانی ئێمە ئەمانەش هەروەك ئەوانن،جا پێویستە لە سەر ئەم گەلەش کەدژایەتی پێغەمبەرﷺ نەکەن،بەڵکو بە چاکی گوێ بگرن لە بەرنامەکەی خوا،چونکە ئەو تۆڵەی کە سەندرا لە فیرعەون چاوەڕێی ئێوش دەکات جا ئەگەر لە دنیاش دا تۆڵەتان لێ نەسەندرێت بێگومان لە قیامەت دا دوچاری سزای ئەم تاوانانە دەبن، خوای گەورە باسی فیرعەونو گەلانی پێشوی کرد تا زوو بێنەوە سەر هۆشو خۆیان گرفتاری بەڵاکانی ئەوان نەکەن، ئینجا خوای گەورە موژدە دەدات بە موسڵمانانو لەو لایشەوە دڵ ساردیەکی چاك دروست دەکات لە ناو دڵی کافران داو دەفەرموێ:

(١٢) ئەی محمدﷺ بڵێ: بە کافران هەر ئێستا ماڵو سەروەتو هێز کۆبکەنەوەو دژایەتی ئایینی خوا بکەن سەرئەنجام شکەست دەخۆنو کۆ دەکرێنەوە بۆ جەهەنم. هەم لە دنیادا شکەست دەخۆنو هەم لە قیامەتیشدا دەبرێن بۆ دۆزەخوبە ڕاستی دۆزەخ پیسترین جێگەیە بۆیان،ئینجا بۆ بە هێز کردنی بیرو باوەڕی خاوەن باوەڕان دەفەرموێ:

(١٣) بە ڕاستی بۆ ئێوە هەیە لە تەماشا کردنی ئەو دوو کۆمەڵەی بە یەك گەیشتن لە شەڕ، مەبەستی شەڕی بەدرە کە کۆمەڵی موسلمانان بریتی بوو لەسێ سەدودوانزە تاپانزە کەسو کۆمەڵی کافران نزیکەی نۆسەدوپەنجا تاهەزار کەس بوون جاخوا وای کردبو کە کافران موسڵمانانیان دەبینی کە دوو بەرابەری خۆیانە، ئەگەر چی موسڵمانان کەم بوون یەك بە سێ بوون لە گەل کافرەکان دا ئەمە لە کاتێکا بوە کە شەڕ دەستی پێ کردوە ئەگینا لە پێش شەڕەکەدا هەم کافرەکان موسڵمانەکانیان بە لاوە کەم بوەو هەم موسڵمانەکانیش کافرەکانیان بەلاوە کەم بوە، جا ئەم شێوە بۆ موسلمانان هەر وا مایەوە بەڵام لە کاتی شەڕا بۆ کافرەکان وەکو فەرموی: گۆڕا، بەڵام بۆ لە پێشەوە وا بو؟ خوا دەفەرموێ: ﴿لِيَقۡضِيَ ٱللَّهُ أَمۡرٗا كَانَ مَفۡعُولٗا﴾ الأنفال: ٤٤ / تا خوا ئەو حوکمەی کە خۆی بڕیاریداوە جێ بە جێی بکات﴾ کە ئەوەبوولەسەرانی کوفر چەندین پیاوی گەورەی وەکو ئەبوجەهلو چەندین کەسی تر کوژران، بە کورتی حەفتا کەسیان لێ کوژراو حەفتا یشیان بە دیل گیرا، بەڵام موسڵمانان پانزە کەسیان لێ شەهید بوو،جا ئەگەر کافرەکان لە پێشەوە بیانزانیبایە کە موسڵمانەکان ئەوەندە

ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا
عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٦﴾ ٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلْقَٰنِتِينَ
وَٱلْمُنفِقِينَ وَٱلْمُسْتَغْفِرِينَ بِٱلْأَسْحَارِ ﴿١٧﴾ شَهِدَ
ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُو۟لُوا۟ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ ۚ
لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٨﴾ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ
ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ ۗ وَمَا ٱخْتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ
بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِـَٔايَٰتِ
ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٩﴾ فَإِنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ
وَجْهِىَ لِلَّهِ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِ ۗ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْأُمِّيِّـۧنَ
ءَأَسْلَمْتُمْ ۚ فَإِنْ أَسْلَمُوا۟ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟ ۖ وَّإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا
عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٢٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ
بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَيَقْتُلُونَ
ٱلَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِٱلْقِسْطِ مِنَ ٱلنَّاسِ فَبَشِّرْهُم
بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢١﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ
فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٢﴾

به هێزن هەر لە سەرەتاوە شەڕیان نەدەکردو ئەو دەسکەوتە گەورەیە دەستی موسڵمانان نەدەکەوت، بەڵام ئەوەش ئەوەمان تێ دەگەیەنێت کە شەڕ کردنو جیهاد کردن لە ڕێگای خوادا ئەوەندە پیرۆزە هەتا خوا خۆی هۆیەکانی بۆ دروست دەکات ئینجا ناکامی ئیش هەر بە دەست خوایە وەك دەفەرموێ: بەراستی خوا بە هێز ئەکات بە پشتیوانیو یارمەتی خۆی ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت بەبێگومان ئا لەم داستانەدا واتە لە شەڕی بەدردا ئامۆژگاریەکی گەورە هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی بیری ڕۆناکن، ئینجا خوای گەورە هەندێك لەو نیعمەتانەی خۆی کە دروست کردوە بۆمان باس دەکاتو تێمان دەگەیەنێ کە ئەمانە نیعمەتێکی کاتین واتە بە ئەمانەوە خۆتان زۆر خەریك مەکەن چونکە نیعمەتی گەورەترتان بۆ هەیە لە دوا ڕۆژداو دەفەرموێ:

(١٤) جوان کراوە بۆ خەڵك خۆشەویستی ئارەزۆەان لە ژنان واتە خوای گەورە بۆ ئاوەدان کردنەوەی دنیاوای بڕیار داوە کەوا پیاو ژنی خۆش بوێتو کوڕانی بۆ جوان کراوە واتە کوڕانیان زۆر پێخۆشەو ماڵی زۆر لە زێڕو لە زیو یان لە لا جوانکراوەو پێیان خۆشە، هەروەها جوانکراوە لایانو پێیان خۆشە ئەسپی مۆچێنراو تەعلیمیو دیاری کراوو مەڕو ماڵاتو کێڵگە کە ئەمانە هەمو شتانێکن کە خەڵك بە گشتی حەزیان لێیەتیو هەوڵی بۆ دەدەن تا بە دەستیان بهێنن، چونکە خوای گەورە دەیەوێت ئەم زەوییە ئاوەدان بکاتەوە،جا ئەگەر ئەو خۆشەویستیە نەبێت ئەم زەوییەئاوەدان نابێتەوە، خۆ کابرا ئەگەر خۆشەویستی ژن نەبێت ناچێت کرێکاری بکاتو زەحمەت بکێشێتو پارە کۆ بکاتەوە تا ژنێك بهێنێتو بە خێوی بکات، وە ئەگەر خۆشەیستی منداڵی نەبێت شەش حەوت مناڵ بە خێو ناکات، بەڵام ئەو خۆشەویستیە وای کردوە کە ئەو ڕەنجو زەحمەتەی بەلاوە گرنگ نەبێت، بەڵکو زۆریش پێی خۆشەو خۆی بە بەختەوەر دەزانێت، بەڵام پێویستە مرۆڤ ژیر بێتو پاشە ڕۆژی خۆی لە بیر نەچێتەوە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: ئەوە هەموی لەزەتێکی ژیانی دنیاییەو کاتیەو لە دەست دەچێت، وە لە لای خوایە چاکترین جێگاو پاداشت:

(١٥) ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: ئایا خەبەرتان بدەمێ بە چاکتر لەمانەی کە باسمان کرد؟ بۆ ئەوکەسانەی کە دەترسن لە خوای خۆیان چەندین باخچە هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا کەلە ژێر ئەو باخچانەدا چەندین جۆگا دەڕوات، وەك لە سوڕەتی محمد دا باسی دەکات جۆگەیەکیان لە ئاوەو هەرگیز خراپ نابێتو جۆگەیەکیان لە شیرەو جۆگەیەکیان لە شەرابەو جۆگەیەکیان لە هەنگوینی پاڵفتە کراوە، ئەو چوار جۆگەیە لە ژێر کۆشکی هەمو موسڵمانێك دا دەڕوات کەبۆ هەمیشەش تێیدا دەمێننەوەو ناترسن لەوەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو نیعمەتانە ببڕێت یان لەو شوێنە خۆشەدا دەربکرێن، وە بۆیان هەیە ژنانێکی پاك کراوە نە دەکەونە عوزرەوەو نە شتێکی ناشیرینیان پێوە دەبێت، بۆیان هەیە ڕەزامەندی لە لایەن خواوە کە ئەمە لە هەمویان گەورەترو خۆشترە، وەبەراستی خوا بینەرە بە بەندەکانیو دەزانێت کێ چی دەکاتو کێ شایستەی چ جێگایەکەو کام مەقامەی پێ بدرێت، جا کێن ئەو

بەندانەی خوا کە ئەو هەموو نازو نیعمەتەیان پێ دەدرێت؟ دەفەرموێ:

(١٦) ئەوانە ئەو کەسانەن کە دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێناوە سا لە گوناهەکانمان خۆش ببەو لە سزای ئاگر بمانپارێزە. پارانەوەی ئەمانە تەنها بە قسەو زمان نییە بەڵکو ئەوانە ئا بەو شێوەیە لە خوا دەپارێنەوەکە:

خۆگرانن. خۆگرتن لە سەر سێ شتە:

یەکەم: خۆ گرتن لە سەر عیبادەت. دووهەم: خۆگرتن لە سەر نەکردنی خراپە.

سێهەم: خۆگرتن لە سەر بەڵاو گرفتاری دنیایی،جا هەر کەسێك ئاوەها خۆگر بوو خوای گەورە خۆشی دەوێت، وە ڕاستگۆیان ئەوانەی کە ڕاست دەکەن لە گەڵ خواو پێغەمبەرەکەیداو بەرنامەی خوا بە ڕاستی هەڵدەگرن نەك بە شێوەی دووڕوویی، وە ئەوانەی کە گەردن کەچن بۆ ئەنجام دانی فەرمانەکانی خواو ئەوانەی کەلە بەخشینی ماڵو عیلمو دانایی دا دریغی لەکەس ناکەنو لە بەر رەزای خوا دەیبەخشنو لەو بەخشینەشدا بەسەر کەسدا منەت ناکەن ، چونکە ئەوان دەزانن لە هەمو شتێکدا زەکات هەیە، وە ئەوانەی کە بە سەحەر لە خوا داوا دەکەن، سەحەر بریتیە لەو کاتەی کە نیو ساعەتێك دەمێنێت بۆ نوێژی بەیانی ئەمە پێی دەوترێت سەحەر، لەو کاتەدا خوای گەورە دابەزیوەتە سەر ئاسمانی یەکەمو دەفەرموێ: کێ چی دەوێت با داوام لێ بکات لە کاتی نەمانی شەودا سەردەکەوێت، چۆنیەتی ئەودابەزین و سەردەکەوتنە لەعەرشەوەو بۆ سەر عەرش هەرخۆی دەزانێ‌وئێمە باوەڕمان پێی هەیە کە دادەبەزێت وە سەردەکەوێت، جا لەو کاتەدا دوعا وەردەگیرێت، ئەوە بوو لەو کاتەدا کە یەعقوب یوسفی دۆزیەوە، براکانی داوایان لێ کرد کە دوعامان بۆ بکات وتی: لە مەو لا دوعاتان بۆ دەکەم واتە با کاتی سەحەر بێت دوعاتان بۆ دەکەم:

(١٧) الله خۆی شایەتی دەدات کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لە خۆی کە سەرپەرشتیکەرو بەڕێوەبەری تەواوی ئەم بونەوەرەیە بەدادپەروەرانەو هەرخۆیەتی دەسڵاتدارو دانا، هەروەها فریشتەکان و ئەوانەی کە خاوەنی عیلمن، هەموویان شایەتی دەدەن کە هیچ مەعبودێکی بە حەق نیە کە مافی پەرستنی هەبێت بێجگە لە الله. دەبینین لەم ئایەتەدا خوای گەورە لە گەڵ خۆیدا باسی فریشتەکانی کردووەو پاش ئەوانیش باسی خاوەن عیلمەکانی کردوە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە خاوەنی زانینی ڕاستەقینە کە یەکتاپەرستی ڕاستەقینەیە لای پەروەردگار زۆر ڕێزیان هەیە، وەك لە سورەتی موجادەلە دا دەفەرموێ: ﴿خوای گەورە پلەی ئیماندارانی بەرز کردۆتەوە وە ئەوانەی کە زاناییان پێ دراوە چەند پلەیەك بەرزترن لەوان ﴾ وە هەروەها دەفەرموێ: ﴿ئایا خوێندەوارو نەخوێندەوار وەك یەك وان؟﴾ الزمر:٩ کەواتە پەروەردگار خۆی‌و فریشتەکانو زانایانی کردوە بە بەڵگە لە سەر تەنیایی خۆی؟!

(١٩) بە ڕاستی ئایین لە لای خوا تەنها ئیسلامە واتە ئەو ئایینەی کە پەسندە لە لای خودا تەنها ئیسلامەو غەیری ئەو هیچ ئایینێك‌و ڕێبازێکی تر وەرناگیرێت. وەك لە ئایەتێکی تردا لەم بارەیەوە دەفەرموێ:﴿ هەر کەسێك غەیری ئیسلام ڕێبازێك بۆ خۆی قەبوڵ بکات خوای گەورە لێی وەرناگرێت وە لە ڕۆژی قیامەتدا لە زیانکارانن﴾ ئالی عمران /٨٥ ئینجا لێرەدا دەفەرموێ: وەناکۆکیان نەبو ئەوانەی کە کتێبیان پێ درا بوو هەتا ئەو کاتەی ئەم زانینە ڕاستە کە قورئانەهاتە لایان واتە ئەو کەسانەی کە ئینجیل‌و تەوراتیان پێ درابوو ناکۆکیان لەم مەسەلەیەدا نەبوە کەوا پێغەمبەرێکی تر دێت، وە ئەو پێغەمبەری کۆتای دەبێت و سیفاتی ئەو پێغەمبەرەیان لا ئاشکرا بووەو هیچ ناکۆکیان نەبوە هەتا ئەو کاتە کە هات بۆ لایان، ئینجا ناکۆکیان تێ کەوت باوەڕیان بەو پێغەمبەرە نەهێنا هەرچەند وەکو کوڕی خۆیان دەیان ناسی، ئەی بۆ باوەڕیان پێ نەکرد؟ تەنها لە بەر ئیرەیی حەسادەت بو،چونکە چاوەڕێ بون کە ئەو پێغەمبەرە لە خۆیان بێت نەك لە عەرەب، ئینجا خوا دەفەرموێ: وە ئەو کەسەی کە بێ باوەڕ بێت بە نیشانەکانی خوا با بزانێت کە ئەو ناتوانێت هیچ زیانێك لە خوا بدات، بەڵکو خۆی توشی زیان دەبێت، بە

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُدْعَوْنَ إِلَىٰ كِتَٰبِ
ٱللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ وَهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٢٣﴾
ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَٰتٍ ۖ وَغَرَّهُمْ
فِى دِينِهِم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَٰهُمْ
لِيَوْمٍ لَّا رَيْبَ فِيهِ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ
لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٥﴾ قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلْمُلْكِ تُؤْتِى ٱلْمُلْكَ
مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلْمُلْكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ
مَن تَشَآءُ ۖ بِيَدِكَ ٱلْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٦﴾ تُولِجُ ٱلَّيْلَ
فِى ٱلنَّهَارِ وَتُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ ۖ وَتُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ
وَتُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ ۖ وَتَرْزُقُ مَن تَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٢٧﴾
لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَمَن
يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُوا۟ مِنْهُمْ
تُقَىٰةً ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨﴾ قُلْ
إِن تُخْفُوا۟ مَا فِى صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ ۗ وَيَعْلَمُ مَا فِى
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾

بێگومان کە ألله زۆر بە پەلەیە لە حیسابدا. لە فەرمودەدا هاتوە کە: موحاسەبەی ئەو هەموخەڵکە لە یەك کاتدا بەماوەی نیو رۆژ دەکرێت:

(٢٠) جا ئەی محمد ﷺ ئەگەر ئەوان دەمبازی دەکەن لە گەل تۆدا لە بارەی ئەم ئاینەوە سا تۆ بڵێ من گەردن کەچم بە تەواوی بۆ خوای خۆم، هەر وەها ئەو کەسانەش کەپەیڕەوی منن گەردەن کەچن بۆ فەرمانی خودا. جا ئەو کەسەی کە دەڵێت من شوێن کەوتەی پێغەمبەرم ئەبێ ئا بەو شێوەیە خۆی بە تەواوی تەسلیمی بەرنامەی خوا بکات، ئینجا راست دەکات کە پەیڕەوی پێغەمبەرە ﷺ ئینجا خوا دەفەرموێ: بڵێ: بە ئەو کەسانەی کە خاوەنی کتێبن و ئەوانەی کەنەخوێندەوارن واتە بەجولەکەو گاورو موشریکان بڵێ: ئایا ئێوە گەردن کەچ دەبن بۆ خواو بۆ بەرنامەکەی؟ ئەوسا ئەگەر ئەوانیش هاتن و گەردن کەچ بون بەراستی ئەوانیش رێگای هیدایەتیان گرتوە، وە ئەگەر پشتیان تێ کردو گوێیان نەدا بەو ئاینە ئیتر لەمە نائومێد مەبە، تۆ تەنیا راگەیاندنت لە سەرەو خوا بینەرە بە بەندەکانی خۆی. دەزانێت چی دەکەن ئەوسا هەر ئیشێکی خراپ بکەن لە کاتی خۆی دا تۆڵەی وەردەگرن، ئینجا خوای گەورە باسی هەندێ لەسیفەتی کافران دەکات و دەفەرموێ:

(٢١) دیارە ئەم روداوانەهەمویان لە پێش پێغەمبەردا ﷺ رویان داوە چونکە دوای هاتنی پێغەمبەر ﷺ هیچ پێغەمبەرێکی تر نایەت تا ئەوان بیکوژن واتە بە شێوەی ئایندە دەفەرموێ: تا ئەو کاتەو ئەو ئیشە خراپەی ئەوان وەك روداوێکی تازە بخاتە بەر چاومان و بیبینین.دەفەرموێ: ها ئەو کەسانەی کەوا کافر دەبن بە ئایەتەکانی خواو خەریکن پێغەمبەران و پیاو چاکانێ کە فرمان دەکەن بە چاکەو بەرگری دەکەن لە خراپە دەکوژن دەی ئەی محمد ﷺ مژدەیان پێ بدە بە سزایەکی دەردناك. چونکە ئەوان ئێش و ئازار بۆموسڵمانان دروست دەکەن و سزاکەشیان بە گوێرەی کردارەکەی خۆیانە.

(٢٢) ئەمانە هەرچی کرداری چاکیان هەیە لە دنیاو لە قیامەتدا هەڵدەوەشێتەوەو بۆ ئەوان نیە هیچ یارمەتی دەرێك کە رزگاریان بکات لە سزای خوا لە رۆژی دواییدا. لە دنیادا هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێت چونکە ئەگەر ئیشێکی باشیان کرد بێت مادام پیاوی چاکیان کوشت ئیتر ئەوان خۆیان نرخیان نامێنێت و خەڵك رێزیان بۆ دانانێت و لە رۆژی دوایشدا سزای سەختیان هەیە نەك پاداشتی چاك جا لە پاش باسی پێغەمبەران باسی ئەو کەسانە دەکات کە فەرمان دەدەن بە دادگەری ئەگەر چی ئەمانە پێغەمبەریش نەبوون هەتا ئەگەر لە خواروی زانایانیش بن واتە نەخوێندەوار بن مادام هەمیشە حەز لە دادپەروەری بکەن و ئەوەی کە دەیزانن بە دادپەروەرانە رەفتاری تێدابکەن پلەیان ئەوەندە بەرز دەبێتەوە خوای گەورە وای حیساب دەکات کە ئەگەر یەکێك لە ئەوان بکوژرێت وەك ئەوە وایە کەیەکێك لە پێغەمبەران بکوژرێت. دادپەروەری ئەوەندە شتێکی گرنگە لە روانگەی ئیسلامەوە. لە راستیدا ئەم دنیایە لە سەر دادپەرەری دامەزراوە، بۆ؟ چونکە لە سەر وجودی خوایە کە ئەویش هەموو بریارەکانی دادپەروەرانەیەو ئەگەر لەم ژیانەدا دادپەروەری نەما هەمو وەزعێك لەم دنیایەدا تێك دەچێت وەك ئەمرۆ کە دەیبینین ئەو هەمو زوڵم و زۆرو تەعەدایە

دەکرێت لە سەرانسەری جیهاندا بە هۆی نەبوونی دادپەروەرییەوە ئینجا دەفەرموێ:

(٢٣) تۆ نابینی ئەو کەسانەی کە بەشێك لە کتێبیان پێ دراوە واتە جولەکەوفەلەکان بانگ دەکرێن بۆ لای کتێبەکەی خوا کە قورئانە بۆ ئەوەی کە حوکم بکات لە نێوانیاندا لە پاشا هەندێکیان پشتی تێ دەکەن لە حاڵێکدا کەئەوان بەو قورئانە نارازین.

(٢٤) لە بەر ئەوەی ئەوان وتیان: ئێمە چەند رۆژێك نەبێت ئیتر ئاگری دۆزەخ نامان سوتێنێت گوایە ئەوان حیساب ئەکەنو دەڵێن: دنیا هەموی حەوت هەزار ساڵە بۆ هەر هەزار ساڵ یەك رۆژ ئێمە دەخرێنە دۆزەخەوە، واتە ئێمە لە رۆژی قیامەتدا تەنها حەوت رۆژ سزا دەدرێین بەوە خۆیان بێ ئاگا کردووەو ئا ئەمە بوو بە هۆی مانەوەیان لە سەر ئەو بیرو باوەڕە هەڵەیە.

(٢٥) دەبێ وەزعی ئەوان جونبێت کاتێك کە ئێمە کۆیان دەکەینەوە لە رۆژێك دا کە هیچ گومانی تێدا نیە کە رۆژی قیامەتەو هەموو کەسێك بەرهەمی ئەو کەسابەتەی کە کردویەتی وەردەگرێتەوەو ئەوانە ستەمیان لێ ناکرێتو هەر کەس بە ئەندازەی خۆی لە چاکەو لە خراپە پاداشو سزا وەرئەگرێت بەم شێوەیە خوای گەورە پوچەڵێ قسەکانیانی دەرخست، ئینجا خوای گەورە باسی عەزەمەتو دەسەڵاتی خۆیمان بۆ دەکات وە دەفەرموێ:

(٢٦) ئەی محمدﷺ بڵێ: ئەی خودایە کە تۆ خاوەنی هەمو موڵکی موڵك دەدەی بەو کەسەی کە ئارەزوت لێ بێت واتە دەسەلات ئەدەی بە ئەو کەسەی کە ئارەزوت لێ بێتو دای دەرنێ موڵك لە کەسێك کە ئارەزوت لێ بێتو عەزیزوبەدەسەڵاتی دەکەیت ئەو کەسەی کە ئارەزوت لێ بێتو زەلیلو سەر شۆری دەکەیت ئەو کەسەی کە ئارەزوت لێ بێت، هەرچی چاکە هەیەبە دەست تۆیە بێگومان کە توانایت بەسەر هەموشتێکدا هەیە. جائەگەر ئێمەی موسڵمان لەو بارەیەوە ئەوەندە بیرو باوەڕمان چاك بوایەو بەرزیو نزمیو بوونو نەبوون هەموو هەر بە موڵکی خوامان بزانیبایەو باوەڕمان وابوایە کە هیچ کەسێك لەم بارەوە هیچی لە دەست دا نیە ئەمرۆ ئەم پیاوە نەدەبوین و دوژمن ئاوەها سەری نەئەکردە کەلاکمانو بە زیاتر لە ملیاردونیوێك موسڵمان ئاوەها زەلیلو سەر شۆڕ نەدەبوین. ئینجا فەرموی:﴿بیدك الخیر﴾ خوایە بە دەستی تۆیە خێر، ئەڵبەتە شەڕیش هەر بە دەستی خوایە، چونکە هیچ کەسێك ناتوانێت لەم بوونەوەرەدا هیچ شتێك بکات تەنها بە ئیرادەی خوا نەبێت، بەڵام لە بەر ئەوە نیسبەتی شەڕ نادەینە لای خوا لە بەر ئەدەب. لە راستی دا هیچ شتێك شەڕ نیە بە نیسبەت خواوە، چونکە شەڕ ئەوەیە کە هەر زیانی هەبێت جا ئەگەر خوای کار بەجێ کافران هەمویان توشی شەڕو بەڵاو موسیبەت بکاتو ئەگەر هەمو ئینسانە چاکەکانیش تووشی بەڵاو موسیبەت بکات بەڵێ ئێمە بە شەڕو خراپەی دەزانین بەڵام لە راستی دا شەڕ نیە، چونکە کافران هەتا زیاتر تووشی بەڵاو موسیبەت بن تاوانیان کەمتردەکاتەوەو لە قیامەتدا لەسزایان کەمتر دەبێتەوە کەوابوو ئەو بەڵاو موسیبەتانە خێرە بۆ ئەوان، موسڵمانانیش هەرچەندە توشی بەڵاو موسیبەت ببن پاداشەکەیان گەورەتر دەبێت کەوابو بۆ ئەوانیش هەر خێرە ئەگەر چی لە رواڵەتا ئێمە بە شەڕی دەزانین کەوابوو هەر خێر لای خوایەو وجودی شەڕ لای خودا نیەو ئەوەش کە بەرواڵەت شەڕ بێت بە هۆی مەخلوقی خواوەیە، لەم قسەیەوردبەرەوە!

(٢٧) ئەی خوایە تۆی کە شەو دەخەیتە ناو رۆژەوەو رۆژ دەخەیتە ناو شەوەوە. کەدەبینین هەندێ جار شەو درێژ دەبێت وە هەندێ جاریش رۆژ درێژ دەبێتەوە، وە تۆ ئەو زاتەی کە زیندو لە مردو دروست دەکەیت کەدەبینین لە هەمو تۆیەك بەروبووم دروست دەبێتو لەدڵۆپەئاوێکی بێ گیان ئینسان دروست دەبێتو لە هێلکە مریشكو هەر بەم شێوەیە هەمو جۆرە باڵندەیەك دروست دەبێت هەروەها موسڵمان لە کافر پەیدا دەبێت چونکە لە راستی داموسڵمان بە ئیمانەکەی بە زیندو حیساب دەکرێتو کافر بە هۆی بێ باوەڕیەکەیەوە بە مردو حیساب دەکرێ، وە تۆ مردو لە زیندو پەیدا دەکەیت و نوتفەی مردو لە ئینسانی زیندو هێلکە لە باڵندەو کافر لە موسڵمان، بە راستی ئەی خوایە

تۆ ڕۆزی دەدەیت بە هەر کەسێك کە ئارەزۆت لێ بێت بە بێ ژمارەو کەس ناتوانێت ڕێگات لێ بگرێت هەر بەو بۆنەی کە فەرموی: موڵك بە دەست خوایە و عیزەتو زللەت هەر بە دەست خوایە دەی کەوابو:

(٢٨) نابێ باوەڕداران بێجگە لە باوەڕداران کافران بکەن بە دۆستی خۆیان. واتە حەقیان نیە کەوا غەیری ئیمانداران بکەن بە دۆست بۆ خۆیان، چونکە موڵك بە دەست خوای گەورە خۆیەتی ئیتر بۆ غەیری ئیماندار ئەکەی بە دۆستو ئەتەوێت چیت بۆ بکات؟ دەوڵەمەندت کات؟ بەرزت بکاتەوە؟ ئەی نەتزانی کە هەر خۆیەتی ئەمانە ئەکات؟ بۆیە دەفەرموێ: هەر کەسێك ئاوەها بکات ئەوە لە لایەنی خواوەهیچ حیسابێکی چاکی بۆ ناکرێت مەگر ئەو دۆستایەتیەی بۆ ئەوە بێت کە خۆی بپارێزێت لە شەڕی ئەوان ئەگینا دۆستایەتی بێ باوەڕان تاوانەو نابێ موسڵمانان تۆخنی ئەو تاوانە بکەونەوە، چونکە ئەوان هەرگیز ڕاستیان نیە لە گەڵ خاوەن باوەڕانداو هەر کات هەلیان بۆ هەڵکەوێت نایبوێرن، جا ئەگەر ترسی شەڕی ئەوانی بوو دەتوانێت بە ڕواڵەت خۆی وا پێشان بدات کە دۆستیانە وەکولەئەبودەرداوەهاتوەکە:(إِنَّا لَنَكْشِرُ فِي وُجُوهِ أَقْوَامٍ وَإِنَّ قُلُوبَنَا لَتَلْعَنُهُمْ/البخاری/ بێگومان ئێمە دەمو چاومان گوشادە دەکەین لەگەڵ تاقمێکدا بەڵام دڵمان نەفرینیان دەکات). بە داخەوە ئەمڕۆ ڕۆڵەی موسڵمان بە ڕواڵەت خۆی چاك پێشان دەدات کەچی نەك دۆستایەتی بەڵکو جاسوسیان بۆ دەکات؟!وەخوای گەورە خۆی لە نەفسی خۆیتان دەترسێنێتو دەفەرموێ: بترسن لێم ئەمەش. لە دڵسۆزی خۆیەتی ئەگینا خوا خاوەنی دەسەڵاتەو لە کەس ناترسێو دەتوانێ باس نەکات تا دەگەینە خزمەتی، چونکە هەر بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە، واتە هەرچی بکەی هەر بۆ لای خوا دەگەڕێیتەوە.

تێبینی: ئیسلام دینی ئاشتیو دۆستایەتیو ڕاستیەو هەمیشە ڕاستی پێ خۆشە، بەڵام چی بکەیت ئەم ئینسانە زۆر لاسارەو سودی خۆی ناوێتو بە درێژایی مێژوو هەتا ڕۆژی قیامەتیش زۆربەی هەرە زۆری دژایەتی ڕێگای بەختەوەریو ڕێگای ڕاستی دەکاتو ژێیری خۆی بە لاوە لە بەرنامەو قسەکانی خوای بە ڕاستترو چاکتر دەزانێتو کۆمەڵێکی کەم هەمیشە باوەڕ بە قسە ڕاستو دروستەکانی خواو پێغەمبەرەکەیﷺ دەکەن جا ئەم کۆمەڵە کەمە، چونکە بەرنامەکەی ڕاستەو خۆشبەختی خۆیو خەڵکی دەوێت بێ باکانە دێتە مەیدانەوەو ئەوەی کە ڕاست بێت دەیسەلێنێتو ئەوەی ناڕاستیش بێت دژایەتی دەکاتو بە وتاروبەکرداربوچەڵی دەکاتەوە بۆیە هەمیشە ڕاستە لە کردارو لە وتاری خۆی دا، بەڵام جاری واش دەبێت ناچار دەبێت بەوەی کە بیرو باوەڕی خۆی بشارێتەوەو ڕواڵەتی پێچەوانەی ناو دەرونی بێت ئەم ئایەتەی تەفسیرمان کرد بۆ ئەو جۆرە کاتانەیە نەك بۆ هەمیشە، چونکە (التولیوالتبری/ دۆستایەتیو دژایەتی) دوو شتی بیرو باوەڕینو نابێت بگۆڕێت خاوەن باوەڕ دەبێت هەرموسڵمانان بە دۆستو یارمەتی دەری خۆی بزانێتو بە دڵ ئەم قسەیە وەرگرێتو بە قسەو کرداریش بی سەلێنێت بە مەیان دەوترێت (التولی) وە دەبێ بێزاری خۆی سەبارەت بێ باوەڕان دەربڕێتو هیچ کات نەیانکات بە یارمەتی دەری خۆی ودۆستایەتیان لە گەڵ دا نەکات لە سورەتی مائیدە/ ٥١ دا دەفەرموێت ﴿ ئەی خاوەن باوەڕان جولەکەو فەلە نەکەن بە دۆستو یارمەتی دەری خۆتان ئەوانە هەندێکیان یارمەتی دەرو دۆستی هەندێکیانن هەر کەس لە ئێوە کە ئەوان بکات بە دۆستو یارمەتی دەر بە ڕاستی لەریزی ئەوان دەژمێررێت، وە بە ڕاستی خوا یارمەتی گەلی ستەمکار نادات﴾

وە لە سورەتی مومتەحینە /١دا دەفەرموێ: ﴿ئەی خاوەن باوەڕان دوژمنانی منو دوژمنانی خۆتان نەکەن بە دۆستی خۆتان﴾ وە لە سورەتی النساو -١٣٩ دا دەفەرمووێ:﴿ئەو کەسانەی کە لەباتی خاوەن باوەڕان کافران دەکەن بە دۆستو یارمەتی دەری خۆیان ئایا دەتانەوێ بە بۆنەی ئەوانەوە دەسەڵات پەیدا بکەن؟ نەکەن شتی وا چونکە سەرچاوەی تەواوی دەسەڵات تەنها لە خواوەیە﴾.

واتە ئەگەر هێزو دەسەڵاتت دەوێت تەنها لە خواداوابکەو ڕێبازەکەی ئەوهەڵگرەو بەس، بەڵکو بەم ئیشە باوەڕدار دەکەوێتە بارودۆخێکی خراپەوە لە بارەی بیرو باوەڕییەوە ئەوەتە هەر لە سورەتی نیسادا دەفەرموێ: ﴿ئەی ئەوانەی

يَوۡمَ تَجِدُ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا عَمِلَتۡ مِنۡ خَيۡرٖ مُّحۡضَرٗا وَمَا عَمِلَتۡ
مِن سُوٓءٖ تَوَدُّ لَوۡ أَنَّ بَيۡنَهَا وَبَيۡنَهُۥٓ أَمَدَۢا بَعِيدٗاۗ وَيُحَذِّرُكُمُ
ٱللَّهُ نَفۡسَهُۥۗ وَٱللَّهُ رَءُوفُۢ بِٱلۡعِبَادِ ٣٠ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ
فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ
٣١ قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ
ٱلۡكَٰفِرِينَ ٣٢ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحٗا وَءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ
وَءَالَ عِمۡرَٰنَ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ٣٣ ذُرِّيَّةَۢ بَعۡضُهَا مِنۢ بَعۡضٖۗ وَٱللَّهُ
سَمِيعٌ عَلِيمٌ ٣٤ إِذۡ قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ عِمۡرَٰنَ رَبِّ إِنِّي نَذَرۡتُ لَكَ
مَا فِي بَطۡنِي مُحَرَّرٗا فَتَقَبَّلۡ مِنِّيٓۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٣٥ فَلَمَّا
وَضَعَتۡهَا قَالَتۡ رَبِّ إِنِّي وَضَعۡتُهَآ أُنثَىٰ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا وَضَعَتۡ
وَلَيۡسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلۡأُنثَىٰۖ وَإِنِّي سَمَّيۡتُهَا مَرۡيَمَ وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ
وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ٣٦ فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ
حَسَنٖ وَأَنۢبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنٗا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّاۖ كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيۡهَا
زَكَرِيَّا ٱلۡمِحۡرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزۡقٗاۖ قَالَ يَٰمَرۡيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَاۖ
قَالَتۡ هُوَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٍ ٣٧

باوەڕتان هێناوه بێ باوەڕان مەکەنە یارو یاوەری خۆتان لەباتی ئیمانداران، ئایا دەتانەوێت بە دەستی خۆتان بەلگەیەکی ئاشکرا بدەنە دەست خوا لەسەر خۆتان کە سزاتان بدات.﴾ جا کەوا بو پێویستە خاوەن باوەڕان ئاگایان لە خۆیان بێتو بیرو باوەڕەکەی خۆیان بە فیڕۆ نەدەن، تەماشاکەن لێرەش پاش ئەوەی لەو خوو ڕەوشتە پیسە ترساندنی، ئینجا هەڕەشەمان لێ دەکاتو دەفەرموێ:

٢٩ پێیان بڵێ: ئەگەر بیشارنەوە ئەوەی کە لە ناو دڵتاندایە یان ئاشکرای بکەن جیاوازی نیە لە لای خوا چونکەلە هەردوو حاڵەتتدا خوا پێی دەزانێت. ئایا کەسێك کە خۆی شتەکەی دروست کردوە و ورد بینەو بە خەبەر لە هەمو شت، ناگونجێت کەئاگای لێی هەبێت؟ خودا خۆی خەتەرەکە دروست دەکات لە ناو دڵی کابرادا ئیتر چۆن دەبێ خۆی نەزانێت ئەو خەتەرە چیە لە ناو دڵی ئەودا یە هەروەك دەفەرموێ: خوا عیلمی هەیە بەوەی کە لەناو ئاسمانانو زەوی دا هەیە کە ئینسانیش بەشێکە لەو شتانە، وە بە راستی خوا قودرەتو توانایی بە سەر هەمو شتێکدا هەیە.

٣٠ باس بکە بۆیان رۆژێك کە هەمو کەس هەرچی کردوە لە چاکە بۆی ئامادە دەکرێت هەروەها ئەوەش کە کردویەتی لە خراپە دیسان ئەویشی بۆ ئامادە دەکرێتو ئاوات دەخوازێتو دەڵێت خۆزگە لە نێوان منو تاوانەکانمدا ماوەیەکی درێژ بوایە کە نەگەیشتینایە بە یەك، بەڵێ تاوانباران ئالەو کاتەدا پەشیمان دەبنەوە کەهیچ سودی نیە بۆیان، وە خوای گەورە لە خۆی تان دەترسێنێت. جا بۆ دەتان ترسێنێت؟ چونکە میهرەبانە بە بەندەکانیو پێی خۆش نیە کە بەندەکانی توشی ئێشو ئازار ببن.

٣١ ئەی محمدﷺ بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت ساپەیرەوی من بکەن خوای گەورەش ئێوەی خۆش دەوێتو لە گوناهەکانتان خۆش دەبێت، بە راستی خوا خوایەکی لێبوردەو بە سۆزە بەرامبەر بە بەندەکانی خۆی لە تاوانەکانیان خۆش دەبێت. واتە کاتێ دەتوانین ئێمە خۆشەویستی خوا بۆ خۆمان رابکێشین کە پەیڕەوی پێغەمبەر ﷺ بینو فرمانەکانی جێ بەجێ بکەین ئەگینا قسەی پووچی بێ ناوەڕۆك هیچ سوودێکمان پێ نادات و نابین بە دۆستی خوا.

٣٢ پێیان بڵێ: پەیرەوی فەرمانەکانی خواو ئەم پێغەمبەرەیﷺ بکەن ئەوسا ئەگەر ئەوان پشتیان کردە تۆ و بە گوێی تۆیان نەکرد ئیتر با بزانن کە ئەوان کافرن وبێگومان کە خوای گەورەش کافرانی خۆش ناوێت.

لە پاش ئەوەی کە لە ئایەتەکانی پێشوودا بە زەقی خوا باسی دەسەڵاتو هێزی خۆی کردو هەڕەشەی کرد لەو کەسانەی کە غەیری خوا ئەکەن بە دۆست بۆ خۆیان ئینجا بە شێوەی داستان دووبارە ئەم هێزو دەسەڵاتە گەورەو بێ سنورەی خۆیمان بۆ باس دەکات دەفەرموێ:

٣٣ بێگومان کە الله لەناو تەواوی مرۆڤی جیهاندا ئادەمو نوحو ئالی ئیبراهیمو ئالی عیمرانی هەڵبژاردووەورێزی زیاتری پێداون.

٣٤ ئەمانە هەندێکیان لە هەندێکیانن و چوون بەناو یەکداو سەر بەیەکن، وە بەراستی خوای گەورە بیسەری

گوفتارو زانەری ئیشەکانتانە. نوحو ئەوەی پاش نوح هەموی لە ئادەمن، وە ئیبراهیم لە نوحە چونکە پاش نوح خەڵك هەموی لە سامو حامو یافیسن کە کوڕی نوحن ئیبراهیم نەوەی ئەوانەو پێغەمبەرانی پاش ئیبراهیم هەموو لە ئیبراهیمنو ئالی عیمرانیش هەر نەوەی ئیبراهیمە مەبەست لە ئالی عیمران باپیری مەریەمە.

(٣٥) باس بکە ئەی محمد ﷺ ئەو کاتەی کەوا ژنی عیمران حامیلە بوو وتی: خوایە ئەو منالەی کە لە ناو سکم دایە وا نەزرم کرد بۆ تۆ کە لە هەموو ئیشو ئەرکێك ئازادی بێت تاکو خزمەتی ماڵی تۆ کە (بیت المقدسە) بکات، سا خوایە لێم وەربگرە بە بێگومان کە تۆخۆت بیسەری بۆئەو پاڕانەوەمو زانەری بەو مەبەستەی کە لەدڵمدا هەیە. دەڵێن: خێزانی عیمران منالی نەبو لە پاش ماوەیەکی زۆر خوای گەورە ئەم سکەی پێدا، ئەویش بەڵێنی دا کە ئەو سکەی بوو کە بە خەیاڵی خۆی کوڕە، بیکات بە خزمەتچی ماڵی خواو ئازاد بێتو هەر بۆ خوا ئیش بکاتو داوای کرد کەخوا ئەمەی لێ قەبوڵ بکات.

(٣٦) جا کاتێ کە سکەکەی بو کچ بو وتی: ئەی پەروەردگارم کچم بووە خوای گەورە زاناترە بەوەی کە بویەتی کچەو هەرگیز نێرینە وەك مێینە نیە بۆ خزمەتکردنو وە بە بێگومان کەمن ناوم نا مریەم، وەئەی خوایە پەنا دەگرم بە تۆ بۆ ئەم کچەم کە بیپارێزیو هەروەها نەوەی ئەم کچەش بپارێزی لە شەیتانێ کە تۆ نەفرینت کردوەو دورت کردوەتەوە لە رەحمەتی خۆت. لە فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ دا هاتوە کەدەفەرموێ:{مَا مِنْ بَنِي آدَمَ مَوْلُودٌ إِلَّا يَمَسُّهُ الشَّيْطَانُ حِينَ يُولَدُ فَيَسْتَهِلُّ صَارِخًا مِنْ مَسِّ الشَّيْطَانِ غَيْرَ مَرْيَمَ وَابْنِهَا ثُمَّ يَقُولُ أَبُو هُرَيْرَةَ وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنْ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ/ متفق عليه / هەر کەسێ کە لە دایك ببێت شەیتان بۆکزی خۆی لێ دەدات جا گورج هەرلەدایك دەبێت دەگری بێجگە لە مریەمو کوڕەکەی بە بۆنەی ئەو دوعایەی کە دایکی مریەم کردی}پاشان ئەبو هورەیرە دەڵێ:مەبەست لەو دوعا ئەمەیە: ﴿ وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾ آل عمران: ٣٦

جا ئەم ئایەتە دەمکوتێکی ترە بۆ ئەوانەی کە داوای یەکسانی ئافرەتو پیاو دەکەن لە ئیشو کارداو دەڵێن: دەبێ لە بەینی ژنو پیاودا مساوات هەبێ. ئەڵبەتە لە ئیسلامدا لە ئیش کردنو لە بەهرەی ئیشەکە فەرقی پیاوو ژن نیەو هەر کەسێك ئیش بکات بۆ خوا وە هەرچەندێك ئیش بکات چ پیاو بێت چ ئافرەت پاداشەکەی لە لای خوا بە بێ کەمو زیاد دەدرێتەوە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ من کردەوەی هیچ کەس هەڵناوەشێنمەوە نێر بێت یان مێ﴾ ال عمران/ ١٩٥،

بەڵام لە مەسەلەی ئیش کردنی دنیادا کە هەر کەسێك بۆ ئیشێك دانراوە. ئافرەت بۆ خزمەتی ناو ماڵو پیاو بۆ خزمەتی دەرەوە دروست کراوە ئەوەتە ئافرەتان حەملیان دەبێت و منالْ هەڵدەگرن کەئەمە لەگەل کاروباری دەرەوەی ماڵدا سەختو نەگونجاوە، بەڵام ئەو شتە لەپیاودا نیە، واتە دوو هەیکەلنو جیان لە یەكو لە ساختمانی لەشیاندا وەکو یەك نین جائیسلام دادپەروەرەو ئەوئەرکەی کە دایناوە بۆ ئافرەت شیاوی خۆیەتی بۆنمونە ئافرەت حەوسەڵەو دانایی تێیدایەو بۆ راپەڕاندنی کارەکانی ناومالْ ئەوەی بەو دەکرێت لەو بوارەدا بەئاسانی بەپیاو ناکرێتو لەبواری پەروەردەییو مامۆستایو کرێکاریدا نیوەی ئەرکی کۆمەڵگای لەسەرشانەو لێزانترە لەپیاو لەرێكو پێك کردنی ئیشە کانی ناو ماڵداو ئاسان ترە لەلای، ئیشی دەرەوەشی بۆ پیاو داناوەچونکە ساختمانی لەشی پیاو گونجاوترە بۆئیشە سەختەکانی دەرەوە.

ئەمەکەمیو نوقسانی هیچ لایەکیان ناگەیەنێت بەڵکو ئەمە دادپەروەرییەو سپاردنی ئەرکە بەپسپۆڕولێزانی ئەو ئەرکە ئاشکرایشە کە بەوشێوەیە کۆمەڵگا ئاسودە تروکەمترین گێرەوکێشە دەبێت، وەلەبواری خۆشەویستی ناوخێزاندا بەهیچ شتێك جێگای دایك پڕ ناکرێتەوە جا ئەگەر دایك لە مالْ دەرهێنراو برایە ناو کارخانەو سەربازگەکان ئیتر ئەوخۆشەویستیە نامێنێو کۆمەڵگاش کۆمەڵگایەکی بێ رەوشتی بێ بەزەیی وەك ئەمرۆی لێ دێت، کوردواتەنی"ئەم هەویرە ئاوی زۆی دەوێ" لێرەدا بەم پرسیارە کۆتای دێنین: ئایا ژیرانەیە گلابە بهێنی بۆ نەفەرگواستنەوەو بەپاسیش بلۆك ئازوگویاز بکەیت؟

هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُۥۖ قَالَ رَبِّ هَبۡ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةٗ
طَيِّبَةًۖ إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ٣٨ فَنَادَتۡهُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَهُوَ قَآئِمٞ
يُصَلِّي فِي ٱلۡمِحۡرَابِ أَنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحۡيَىٰ مُصَدِّقَۢا بِكَلِمَةٖ مِّنَ
ٱللَّهِ وَسَيِّدٗا وَحَصُورٗا وَنَبِيّٗا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ٣٩ قَالَ رَبِّ
أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٞ وَقَدۡ بَلَغَنِيَ ٱلۡكِبَرُ وَٱمۡرَأَتِي عَاقِرٞۖ قَالَ
كَذَٰلِكَ ٱللَّهُ يَفۡعَلُ مَا يَشَآءُ ٤٠ قَالَ رَبِّ ٱجۡعَل لِّيٓ ءَايَةٗۖ
قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمۡزٗاۗ وَٱذۡكُر
رَّبَّكَ كَثِيرٗا وَسَبِّحۡ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِبۡكَٰرِ ٤١ وَإِذۡ قَالَتِ
ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرۡيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ وَٱصۡطَفَىٰكِ
عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٤٢ يَٰمَرۡيَمُ ٱقۡنُتِي لِرَبِّكِ وَٱسۡجُدِي
وَٱرۡكَعِي مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ٤٣ ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهِ
إِلَيۡكَۚ وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ إِذۡ يُلۡقُونَ أَقۡلَٰمَهُمۡ أَيُّهُمۡ يَكۡفُلُ
مَرۡيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ إِذۡ يَخۡتَصِمُونَ ٤٤ إِذۡ قَالَتِ
ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرۡيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٖ مِّنۡهُ ٱسۡمُهُ ٱلۡمَسِيحُ
عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ وَجِيهٗا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَمِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ ٤٥

٣٧ جا پەروەردگاریشی نزاکەی وەرگرت وزۆر بە جوانی پێیگەیاندو سەوزی کرد بۆی بە سەوز کردنێکی جوان جابو بە ئافرەتێکی بەرێزو پایە بەرز بەڵێ: گوڵێك بێتو خوا خۆی سەرپەرستی سەوز بوونو نەخشو نیگاری بکات دەبێ هەرئاوابێت. جا یان بە بۆنەی ئەوەوە کە باوکی نەمابوو یان ساڵە گرانی بوو بۆ ئەوەی زاناترو کاری جوانتر شارەزا ببێت پەروەردگار وای کرد کە زەکەریا کەمیردی بوری مریەم بوو سەرپەرستی بکات جاهەرکاتێك کە زەکەریا دەچو بۆ سەردانی مریەم لەمیحرابدا دەی دی کە بژێوییەکی وای لەلا یە کە ئەورۆزیو بژێوییە لەو شوێنو سەردەمانەدا پەیدا نابێت لە زستان دا رۆزی هاوینەی لەلا بوو لە هاوینیش دا رۆزی زستانەی لەلا بوو بۆیە زەکەریا لەو رووداوە گرنگە سەری سوورماو وتی:مریەم ئەو رۆزیەت لە کوێ هێناوە وتی: ئەمە لە لایەنی خواوە هاتوە بە راستی خوا رۆزی دەدات بەو کەسانەی کە ئارەزۆی لێ بێت بە بێ ژمارە، ئینجا زەکەریا کە ئەم شتە گرنگەی دی کە رۆزییەکی ئاوەها نایاب بۆ ئافرەتێك کە هاتو چۆی دەرەوە ناکات!! دڵی هاتە جۆشو بەزەیی بە بێ منداڵی خۆیدا هاتەوەو بە چاوی خۆیشی دی کە هیچ شت لە لای خوا گران نیە هەر بۆیە بە دڵێکی پڕ هیواو ئۆمێدەوە هاواری کردە لای خواو داوای کوڕی لێ کرد وەك لێرەدا دەفەرموێ:

٣٨ ئا لێرەدا زەکەریا داوای لە پەروەردگاری کرد کە وتی: خوایە لە بار خانەی خۆت ئەولادێکی پاكو خاوێنم پێ بدە بە بێگومان کە تۆ بیسەری ئەم نزایەی منی. دوا بە دوای ئەم نزاو دوعایە.

٣٩ جالەحاڵێکدا کەبەپێوە وەستابو لەمیحرابەکەیداو نوێژی دەکرد فریشتەکان بانگیان کردو وتیان: بەبێشك کە خوا مژدەت پێ دەدات بە کوڕێك کە ناوی یەحیایە کە لەو سەردەمەدا ئاوەها ناوێك نەبوە کە دان دەنێت بەراستی ئەو وشەیەی کەلەلایەنی خوداوەیە کە عیسایە، وە گەورەیەو مەنع کراوە لە ئیشی خراپەو لە ژن هێنان، چونکە هەندێك دەڵێن ژنی نەهێناوە، وەپێغەمبەرێك دە بێ لەریزی پیاوچاکان. ئا بەم شێوەیە خوای گەورە وەڵامی زەکەریای دایەوە، ئینجا زەکەریا:

٤٠ وتی: ئەی پەروەردگارم من چۆن مناڵم دەبێت بەراستی پیر بوومو تەمەنێکی زۆرم کردوەو ژنەکەشم نەزۆکەو ئەوە چەند ساڵە منالی نەبوە؟! خوا فەرموی: ئاوەهایە خوای تۆ هەرچی مەیلی لێ بێت دەی کات. کەس ناتوانێت دەستی بگرێت ئیتر زەکەریا یەقینی پەیدا کرد کە ئەو مناڵەیان دەبێت، بەڵام نەیدەزانی کەی کاتی پەیدا بوونی ئەو مناڵە دەست پێ دەکاتو پێی خۆش بوو کەکاتی دەست پێ کردنی بزانێت بۆیە:

٤١ وتی: ئەی پەروەردگارم نیشانەیەکم پیشان بدە بۆ ئەوەی کە دڵنیا بم بە کاتی پەیدا بوونەکەی فەرموی: نیشانەی زانینی پەیدا بوونی ئەو مناڵە بۆ تۆ ئەوەیە کە تۆ ناتوانیت سێ رۆژ قسە بکەیت. وە لە سورەتی مەریەم دا دەفەرموێ: سێ شەو، کەواتە: سێ شەو سێ رۆژ زەکەریا زمانی بەستراو دەبێتو قسەی پێ نەکراوە تەنها بە شێوەی ئیشارەت نەبێت ئەمەش لە کاتی ساغو سەلامەتی دابوو زمانی رێكو پێکەو دەتوانێ یادی خوای پێ بکات، بەڵام

ناتوانێت قسەی تری پێ بکات. وە دەفەرموێ: زۆر یادی خوای خۆت بکەو بە ئێواران‌و بە بەیانیان‌و تەسبیحاتی خوای خۆت بکە.

تێبینی: لێرەدا ئەمانە وەرئەگرین:

یەکەم ـ باوەڕبون بە توانایی‌و هێزی لە سنور بە دەری خوای داناو زانا، ئەوەتە میوەی پەیدا نەبوی ئەو کاتە دەدات بە مریەم لە ژووری مزگەوتی قودس دا چۆن‌و لە کوێی هێنا هەر خۆی دەزانێت بە راستی ئەوەندە ئیشێکی گرنگە پێغەمبەرێکی وەك زەکەریا سەری سووڕ دەمێنێ بۆیە پرسیار دەکات‌و دەڵێت: ﴿ ئەی مریەم ئەمەت لەکوێ هێناوە؟!﴾.

دووهەم ـ جیاوازی ئافرەت‌و پیاو لە یەك‌و هەر کەس ئیدیعای یەکسانیان بکات لە هەموو رویەکەوە تاوانبارەو قسەکەی دژی فەرموودەی خوایە کە دەفەرموێ: ﴿وَلَيْسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلْأُنثَىٰ /آل عمران: ٣٦/ نێرو مێ وەکویەك نین ﴾

سێهەم ـ ئافرەت‌و پیاو یەکسانن لە پەرەستنی خوداو لە پاداشتی لای خواو هەردوو دروسکراوی خودان‌و جیاوازی ناکات لە نێوانیاندا هەر کامیان باشتر عیبادەتی خودا بکەن خۆشەویستن لای خودا ئەوتا لێرەدا مریەم ئافرەتێکە چونکە بە راستی خوای خۆی دەپەرستێت خوای گەورە ئاوەها پاداشتی دەداتەوە کە پیاوێکی وەکو زەکەریا کە پێغەمبەریشە سەری سووڕ دەمێنێت وەکو هەر لە کۆتایی ئەم سورەتەدا دەفەرموێ: ﴿ بەبێگومان من کرداری هیچ باوەڕدارێك زایەناکەم نێربێ یان مێ﴾

چوارەم ـ موسڵمان نابێت نا ئومید ببێت لە رەحمەت‌و سۆزی خودا ئەوەتە زەکەریا لەو تەمەنە پیرەی خۆی‌و نەزۆکی خێزانی هاواری کردە لای خوا بۆ منداڵێکی پایە بەرزو پێغەمبەرو پیاو چاك خودایش نزاکەی لێ وەرگرت‌و یەحیای پێ دا.

پێنجەم ـ هەر کاتێ ئینسان چاوی کەوت بە شتێکی سەر سووڕ هێنەر با لەو کاتەدا دوعای چاك بکات ئەوە کاتێکە لەو کاتانەی کە دوعا وەردەگیرێت.

شەشهەم ـ موسڵمان دەبێت دوعاکانی بۆ شتی باش بێت نەك بۆ دژایەتی‌و خراپە کاری‌و دنیا پەرستی بێت ئەوەتە لێرەدا زەکەریا دەڵێت: ﴿قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً ﴾ آل عمران: ٣٨/ ئەی پەروەردگارم منداڵێکی پاك‌وخاوێنم پێ بدە﴾ بەڵێ خوای گەورە ئەو جۆرە دوعایەی پێ خۆشە بۆیە لە سورەتی بەقەرەدا هەڕەشەی لە نزای دنیایی کردوەو مژدەی دا بەو کەسانەی کە داوای چاکەی دنیاو قیامەت دەکەن تەماشای ئایەتی (٢٠٠-٢٠٢) البقرە بکە.

دووبارە باسەکە روو دەکاتەوە مریەم ودەفەرموێ:

٤٢ وەئەی محمدﷺ باس بکە ئەو کاتەی کە فریشتەکان وتیان: ئەی مریەم بەبێگومان کەﷲ تۆی هەڵبژاردوەو بەرزی کردویتەوە بە سەر تەواوی ژنانی سەردەمی خۆتدا. واتە لەو سەردەمەدا لە مریەم بەرزترو بە قیمەتتر نەبووە لە ناو ژنان دا پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {خَيْرُ نِسَائِهَا مَرْيَمُ بِنْتُ عِمْرَانَ وَخَيْرُ نِسَائِهَا خَدِيجَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدٍ / متفق عليه/ باشترین ئافرەتی ئەو گەلەی سەردەمی مریەم، مەریەمی کچی عیمران بووە وە باشترین ئافرەتی ئەم ئۆمەتەیش خەدیجەی کچی خویلیدە}

٤٣ ئەی مریەم گەردن کەچبە بۆ خوای خۆت‌و سوجدەی بۆ ببەو رکوع ببە لە کەل ئەوکەسانەی کە رکوع دەبەن. ئەمەش لە رواڵەتدا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو کاتە رەوا بوبێت هەڵسوکەوتی ئافرەت‌و پیاو بە یەکەوە بۆ ئەنجام دانی عیبادەت هەروەکو ئێستا لە حەجدا رەوایەو ئافرەتان نابێ رێگای جومعەو جەماعەتیان لێ بگیرێت هەر چەند بەندایەتی ناو ماڵی خۆیان خێری زیاترە لە بەر ئەو فەرمودەیە کە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{ لَا تَمْنَعُوا نِسَاءَكُمْ الْمَسَاجِدَ وَبُيُوتُهُنَّ خَيْرٌ لَهُنَّ / ابوداودوغيره وصححه الالباني/ رێگری ئافرەتەکانتان مەکەن بۆمزگەوتەکان‌و کونجی ماڵەکەیان باشترە بۆیان} لە ژنان خەدیجە لە هەمویان گەورەترە ئینجا مریەم ئینجا ئاسیە کە خێزانی فیرعەون بوو پاشان فاتمەی خێزانی علی کە کچی پێغەمبەرە ﷺپاشان عائیشەی خێزانی وە ئەمانە لەم فەرمودانەدا هاتوون: یەکەم لەپێغەمبەری خواوە ﷺ کە دەفەرموێ:{حَسْبُكَ مِنْ نِسَاءِ الْعَالَمِينَ مَرْيَمُ ابْنَةُ عِمْرَانَ وَخَدِيجَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدٍ وَفَاطِمَةُ بِنْتُ مُحَمَّدٍ وَآسِيَةُ امْرَأَةُ فِرْعَوْنَ /الترمذي، صححه الالباني/ لە هەمو ئافرەتانی دنیا بۆ چاکەکاری

وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗا وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٤٦﴾
قَالَتۡ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٞ وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞۖ قَالَ كَذَٰلِكِ
ٱللَّهُ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٧﴾
وَيُعَلِّمُهُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ ﴿٤٨﴾
وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدۡ جِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ
أَنِّيٓ أَخۡلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ فَأَنفُخُ فِيهِ
فَيَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ
وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأۡكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ
فِي بُيُوتِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿٤٩﴾
وَمُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم
بَعۡضَ ٱلَّذِي حُرِّمَ عَلَيۡكُمۡۚ وَجِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ
فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٥٠﴾ إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُوهُۚ
هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ﴿٥١﴾ ۞ فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنۡهُمُ
ٱلۡكُفۡرَ قَالَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ
أَنصَارُ ٱللَّهِ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ﴿٥٢﴾

بەس بۆت کە ئەمانە بناسی: مریەمی کچی عیمرانو خەدیجەی کچی خوەیلدو فاتیمەی کچی محمدو ئاسەیەی ژنی فیرعەون}

دووهەم . هەروەها عائیشەی خێزانی پێغەمبەرﷺ یەکێکە لەو ئافرەتە بەرێزو پایە بەرزانە وەك لەم فەرمودەیەدا هاتوە کە{كَمَلَ مِنْ الرِّجَالِ كَثِيرٌ وَلَمْ يَكْمُلْ مِنْ النِّسَاءِ إِلَّا آسِيَةُ امْرَأَةُ فِرْعَوْنَ وَمَرْيَمُ بِنْتُ عِمْرَانَ وَإِنَّ فَضْلَ عَائِشَةَ عَلَى النِّسَاءِ كَفَضْلِ الثَّرِيدِ عَلَى سَائِرِ الطَّعَامِ /البخاري/ لە پیاوان زۆر کەس پیاوی تەواو بوون بەڵام لە ئافرەتان تەواو نەبوون بێجگە لە ئاسیەی خێزانی فیرعەونو مەریەمی کچی عیمران، وە بە راستی گەورەیی عایشە بە سەر ژنان دا وەکو گەورەی تێکوشینی ئاو گۆشتە بەسەر باقی خواردنەکانی تردا}

٢. وشەی (قنوت) واتە گوێ رایەڵیو پەیڕەو کردن بۆ ئەم مانایەش هەندێ لە زانایان فەرمودەیەکیان کردوە بە بەڵگە کە دەفەرموێ:{كُلُّ حَرْفٍ مِنْ الْقُرْآنِ يُذْكَرُ فِيهِ الْقُنُوتُ فَهُوَ الطَّاعَةُ /رواه احمد/ هەر پیتێك لە قورئان دا باسی قنوتی تێدا بێت بە مانای گوێ رایەڵیو پەیڕەوی کردنە} ئەگەرچی ئەم فەرمودەیە لاوازە.

(٤٤) ئەمەی کە باسمان کرد ئەی محمدﷺ هەموی خەبەرانی نهێنی بوونو چەندین ساڵ پێش تۆ ئەو شتانە روویداوەکە ئێمە نیگامان رەوانە کرد بۆ تۆوبۆمان باس کردیتو لەو کاتەی کە ئەوان قەڵەمەکانیان فڕێ دا بۆ ئەوەی بزانن کامیان سەرپەرستی مەریەم بکەن تۆلەلای ئەوان نەبویتو تۆلەلایان نەبویت ئەوکاتەی کەکێشەیانبوو لەسەر سەرپەرستی کردنی مریەم. ئیتر ئەمە لە بەر بێ باوکی مریەم بوو یان کەم دەسەڵاتی باوکی بووە باوکیشی پێشەوای ئەو سەردەمەی ئەوان بوە لە بەر ئەوە ئەو خەڵکە حەزیان دەکرد کەسەرپەرەستی ئەو مناڵە بگرنە ئەستۆی خۆیان، وە لە ناو ئەوان دا دەڵێن کەخێزانی زەکەریا پووری مریەم بوو یان خوشکی بوو حەزی دەکرد لای ئەو بێت زەکەریاش پێغەمبەری خوا بوو، بەڵام چونکە خەڵکێکی زۆر داوای لێ دەکرد کە بە خێوی بکات هەستان چەند قەڵەمێکیان فڕێ دا ناو ئاوێكو وتیان قەڵەمی کێ وەستاوە ئەوە با بەخێوی بکات، ئینجا کە قەڵەمەکانیان فڕێ دا هەمویان ئاو بردنی تەنها قەڵەمی زەکەریا ماوە کە بەرەو ژور لە ئاوەکە هاتەوە بەو شێوەیە خوای گەورە ویستی ئەو ئافرەتە لە لای ئەو پێغەمبەرە بەرێزە بەخێو بکرێت.

(٤٥) ئینجا خوای گەورە درێژە بەم چیرۆکە بەرێزە دەداتو دەفەرموێ: بیر بکەرەوەو باس بکە بۆیان ئەی محمدﷺ ئەو کاتەی کە فریشتەکان بەمەریەمیان وت: بە راستی خوا موژدەت پێ دەدات بە وشەیەكو بە بڕیارێك لە لایەنی خۆی کە ئەو بڕیارەش دروست بوونی مرۆڤێکە بەناوی مەسیح کەعیسای کوڕی مەریەمە کە پیاوێکی ناودارەو بە شەرەفە لە دنیاو لە دوا رۆژداو لە بەندە نزیکەکانی خوایە. بەم شێوەیە موژدە درا بە مریەم کە عیسای دەبێت، کە هێشتا مێردی نەکردوە عیسا ؑ لە زۆر شوێن دا بە کەلیمەی خوا ناوبراوەو کەلیمەی خوایش زۆرە، بەڵام چونکە عیسا بە بێ هۆی باوك پەیدا بووە تەنها بە بڕیارێکی خوا لە بەر ئەوە بە کەلیمەی خوا ناودەبرێت.

(٤٦) لە بێشکەدا قسە دەکات لە گەل خەڵکداو دەڵێ من پێغەمبەری خودام و کاتێ کە دەبێ بە پیاوێگی تەواویش

هەمان قسەدەکاتو یەکێکە لە پیاو چاکان، ئاشکرایە قسەی کاتی گەورەیی شتێکی گرنگ نیە مەبەست قسەی رووت نیە بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە هەر وەکو لە بێشکەدا دەڵێت من پێغەمبەرم کاتێ کەگەورە بوو قسەکەی بە راست دەگەڕێتو دەبێ بە پێغەمبەروهەمان پەیامی ناوبێشکەی رادەگەیەنێت ، جا باشە کەئەمەش بزانین کە سێ کەس بە منالی قسەیان کردە کە یەکێکیان عیسا بوو وەکو پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {لە بێشکەدا قسەی نەکردوە بێجگە لە سێ کەس عیساو منالێك لە زەمانی جورەیجداو منالێکی تر}

وە بە عیسا دەوترێت مەسیح لە بەر یەکێك یان هەموو ئەم شتانە یەکەم: لە بەر ئەوەی زۆر دەگەڕا. دووهەم: پاژنەی نەبووەو ژێر پێی ساف بووە. سێهەم: دەستی بە سەر هەر جۆرە نەخۆشێك دا بهێنایە بەئیزنی خودا چاك دەبویەوە.

(٤٧) جا مریەم کاتێ کەئەم قسانەی بیست وتی: ئەی پەروەردگارم من چۆن منداڵم دەبێت؟ ئەمە شتێکی سەر سوورهێنەرە چونکە هیچ کەسێك نە بە حەرامیو نە بە حەلاڵی جیماعی لە گەل مندا نەکردوە و بە تەمای ئەوەش نیم کە مێرد بکەم، چونکە من خزمەتی ماڵی تۆ دەکەم.فەرموی: هەر ئاوەها خوای تۆ دروست دەکات ئەو شتەی کە ئارەزۆی لێ بێت. ئەگەر بە وردی تەماشای ئەم داستانە بکەین دەبینین لە بارەی زەکەریا دا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ ٱللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ /آل عمران: ٤٠/ هەر ئاوەها خوا دەیکات ئەوەی کە ئارەزۆی لێ بێت﴾ بەڵام لە داستانی مەریەم دا دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ﴾ آل عمران: ٤٧/ هەرئاواها هەرچی ئارەزۆبکات دروستی دەکات﴾ لێرەدا خەلقی فەرموە، چونکە لەوێ کردارەو پیاو ژن مەعقولە منالیان ببێت، با لەو پەڕی پیریشدا بن، بەڵام مریەم مێردی نیە. ئیتر دەبێت دروست بوونەکەی هەر لە خواوە بێتو دەمکوتێکیشە بۆ زمان پیسان سەبارەت بە عیساو مریەمی دایکیو تا جێگەی گومان نەمێنێتەوە کە دروستکردنەکە هەر بە دەست خۆیەتیو راستەوخۆخۆی دروستی کردوە ئەوەتە دەفەرموێ: هەر کاتێك خوای گەورە ئیرادەی هەر شتێك بکات هەر کە فەرموی: ببە دەبێت. ئیتر بۆچی دەبێت خەڵك ئەم ئیشەی مریەم بە تاوان بزانێت لە گەل بونی ئەوبەڵگە گەورەیە کە قسە کردنی ئەو منالە ساوایە بوو؟!

(٤٨) وە خوای گەورە فێری نوسینو داناییو تەوراتو ئینجیلی کرد تەورات بۆ موسا بووە، بەڵام عیسا لە سەر تەورات ئیشی کردوە هەتا ئینجیلی بۆ هاتوە.

(٤٩) وەهەروەها پێغەمبەرێك بووە بۆ بەنی ئیسرائیل، جا ئیتر لێرە بە دواوە شێوەی قسەکە دەگۆڕێت لە غایبەوە بۆ قسەکەر، بەڵێ وا ئەو منالە پەیدا بوو وە گەورەش کرا، بو بە پێغەمبەرو ئەویش دەستی کرد بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانیو هێنانی بەڵگەی راستو دروست لەسەر پێغەمبەرایەتی خۆیو وتی: بە بێگومان من هاتووم بۆ لای ئێوە ئەی گەلەکەم بە بەڵگەیەك لە لایەنی خواوەکەمن لە قوڕ لە شێوەی باڵندە دروست دەکەم بۆتان جافوی پێدا دەکەم بە ئیزنی خوا کەدەبێت بە باڵندەو دەفڕێ، هەروەها ئەوەی کە لەسەرتاوە کوێربووەو ئەوکەسەش کە بەڵەك بێت باشیان دەکەمەوەو ئەوەیش کە مردوە بە ئیزنی خوا زیندوی دەکەمەوە، وەپێتان دەڵێم ئەوەی کەلەماڵەوە دەیخۆنو ئەوەش کە هەڵی دەگرن بەبێگومان ئالەوەدا نیشانەیەکی گەورە هەیەبۆتان ئەگەر ئێوە باوەڕدار بن.

(٥٠) وە من دان دەنێم بەوەی کە لە پێش دەستم دایە کە تەوراتەو بە راستی دەزانم، وە هاتوم تا حەلاڵ بکەم بۆ ئێوە، هەندێك لەوانەی کە حەرام کراوە لێتان. ئەمە وا دەردەخات کە ئینجیل هەندێك حوکمی تێدا بوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەندێك لە حوکمەکانی تەورات هەندێکی تر دەڵێن ئەوان هەندێ شتیان لە خۆیان حەرام کردبوو ئینجیل هاتو بە درۆی خستنەوەو پێی وتن: کە ئەو شتانە حەلاڵن دیسان عیسا درێژە بەقسەکەی خۆی دەداتو دەڵێ: وە من لەلایەن پەروەردگارتانەوە بە بەڵگەیەکی گەورە هاتومەتەلاتان سا لە خوا بترسنو پەیڕەوی من بکەن. بۆ زانین: ئەوئونوانەی کە لە قورئاندا بە کردارەکانەوەنەوە (افعال) هاتون کە کەسرەیان لە

رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلۡتَ وَٱتَّبَعۡنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ
ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٥٣﴾ وَمَكَرُواْ وَمَكَرَ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ
ٱلۡمَٰكِرِينَ ﴿٥٤﴾ إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ
إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ
فَوۡقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ ثُمَّ إِلَيَّ مَرۡجِعُكُمۡ
فَأَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴿٥٥﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ فَأُعَذِّبُهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدٗا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَمَا
لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٥٦﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُوَفِّيهِمۡ أُجُورَهُمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٧﴾
ذَٰلِكَ نَتۡلُوهُ عَلَيۡكَ مِنَ ٱلۡأٓيَٰتِ وَٱلذِّكۡرِ ٱلۡحَكِيمِ ﴿٥٨﴾ إِنَّ
مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٖ ثُمَّ قَالَ
لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ ﴿٦٠﴾
فَمَنۡ حَآجَّكَ فِيهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ فَقُلۡ تَعَالَوۡاْ نَدۡعُ
أَبۡنَآءَنَا وَأَبۡنَآءَكُمۡ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمۡ وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمۡ
ثُمَّ نَبۡتَهِلۡ فَنَجۡعَل لَّعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٦١﴾

ژێردایە هەمویان (یائی) قسە کەر یان لێ لابراوەو ئەو کەسرەیە لە باتیدا دەنوسن وەك﴿وَأَطِيعُونِ ﴾ لەپێشدا ﴿وَأَطِيعُونِ ﴾ ی بوە.

﴿٥١﴾ بە بێگومان کە خوای گەورە پەروەردگاری منو پەروەردگاری ئێوەشە دەسا بی پەرەستن ئەمەیە ڕێگای ڕاست. ئا بەم شێوەیە عیسا بانگی گەلەکەی خۆی دەکردو سوور بو لە سەر ڕێگای خێر پێشان دانیان، بەڵام ئەوان تا دەهات زیاتر دورە پەرێز دەبونو دژایەتی عیسایان دەکرد.

﴿٥٢﴾ جا کاتێ کە عیسا هەستی بێ باوەڕی لێ کردن چارەی نەماو ناچار بۆ جیا کردنەوەیڕاستو ناراست وتی: کێ هەیە یارمەتی من بدات بۆگەیاندنی پەیامی ﷲ؟ خودا لێرەدا ئەوەمان پێشان دەدات کە پێشەکی خاوەن باوەڕان پێویستە لە سەریان کە بانگەوازەکەیان بە ئاشکراو گشتی بێت جا ئەگەر زانی بە گوێی ناکرێت ئیتر واز لە گشتی بهێنێتو خاوەن باوەڕی ڕاست جیا بکاتەوە بۆ گەیاندنی ئاینەکەی خودا، نەك هەمیشە هەر بە یەك جۆر ڕەفتار بکات لە گەل ئەوەشدا دەزانێت کە تا ئێستا ئەو شێوەیە هیچ سودێکی نەداوە بۆ ڕاستی بۆ چونەکەمان فەرمو ئێوەو ئەم بەلگەیە، پێغەمبەرمانﷺ لە کاتی حەج دا پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ مەدینە دەیفەرمو:{أَلَا رَجُلٌ يَحْمِلُنِي إِلَى قَوْمِهِ فَإِنَّ قُرَيْشًا قَدْ مَنَعُونِي أَنْ أُبَلِّغَ كَلَامَ رَبِّي؟/ احمدوغيره صححه الالباني/ واتە چ پیاوێك من دەبات بۆ ناو گەلەکەیو یارمەتیم دەدات تا فەرمودەکانی پەروەردگارم بگەینم بە خەڵك؟ بە ڕاستی قوڕەیش لێم ناگەرێن تا فەرمودەکانی پەروەردگاری خۆم ڕابگەیەنم} بەلێ بانگەواز کەرانی ڕێگای ئاشتیو بەختەوەری کە ڕێگای ئیسلامە دەبێ بە چەند شێوە ئیش بکەن تا بزانن بە کامیان ئیشەکانیان بە سود دەبێتو قسەو بڕیارەکانیان کاری گەر دەبێت. تەنها ئەوە پێویستە کە لە ئایین لانەداتو وەك ئەمڕۆ بەرژەوەندی نەکات بە خوا بۆ خۆیو نەزانانە ملی خۆیو پەیڕەوانیشی بشکێنێتو لە باتی خواپەرستی بیانخاتە ناو لێڵاوی شیركو دنیا پەرستیەوە.

وشەی (الی) هەندێ دەڵێن: بە مانای (مع) یە واتە لە گەل خوادا وە بە لای هەندێکی ترەوە (الی) بە مانای بەرەو ئایینی خوایە واتە کێ یارمەتیم دەدات بەرەو ڕزگاری ئایینی خودا کە ئەمەم بە لاوە نزیکترەو وامان مانا کردوە.

وشەی (حواری) بە مانای ئەوانەی کە لیباس سپی دەکەنەوەو بە مانای نێچیرەوانو بە مانای یارمەتی دەر مانا کراوە کە ئێمە سێهەمیانمان هەڵبژاردوە لە بەر ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر ﷺ کەدە فەرموێ:{إِنَّ لِكُلِّ نَبِيٍّ حَوَارِيًّا وَإِنَّ حَوَارِيَّ الزُّبَيْرُ بْنُ الْعَوَّامِ وَزَادَ أَبُو نُعَيْمٍ فِيهِ يَوْمَ الْأَحْزَابِ قَالَ مَنْ يَأْتِينَا بِخَبَرِ الْقَوْمِ قَالَ الزُّبَيْرُ أَنَا قَالَهَا ثَلَاثًا قَالَ الزُّبَيْرُ أَنَا /رواه احمد والترمذی واللفظ له/ هەر پێغەمبەرێك یارمەتی دەرێکی تایبەتی بوە یارمەتی دەری تایبەتی من زوبەیرە.ئەبونەعیم ئەمەی لێ زیادکردوە: ئەمە لەرۆژی ئەحزابدابوە کە فەرموی: کێ هەواڵێکی ئەوگەلەمان بۆدێنێ؟ مەبستی قورەیش بوو زوبەیر وتی: من. ئەمەی سێ جار فەرمو: زوبەیر وتی: من ئامادەم} جا حەوارییەکان وتیان: ئێمە لە گەل عیسادا یارمەتی ئایینی خوا دەدەین کەباوەڕمان هێناوە بە خوا، وە شایەتی بدە کە ئێمە موسڵمانینوخۆمان بەودەسپێرین. خوای گەورە داوا لە هەموو خاوەن باوەڕان دەکات کە هەمویان یارمەتی

دەری ئایینی خودابنو دەفەرموێ: ﴿ئەی خاوەن باوەڕان ئێوەش ببن بە یارمەتی دەری ئایینی خودا وەکو چۆن عیسای کوری مریەم وتی بە قەومەکەی کێ یارمەتیم دەدات بۆ ئایینەکەی خوا حەوارییەکان وتیان: ئێمە یارمەتی ئایینی خودا دەدەین،جاتاقمێك لەبەنی ئیسرائیلی باوەڕیان هێناو تاقمێکیشیان کافربون ئەوسا ئێمەیش یارمەتی باوەڕدارانمان دا جا ئەوانیش سەر کەوتن بە سەر کۆمەڵی کافران دا﴾ سف:١٤ جا ئێوەش ببن بەو کۆمەڵەو ببن بە یارمەتی دەری ئاینی خودا هەتا خۆاش ئێوە سەربخات.

٥٣ ئەی پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێناوە بەوەی کە تۆ رەوانەت کردوەو دوای ئەم پێغەمبەرە کەوتووین دەی بمان نووسە لە ریزی ئەو کەسانەی کە شایەتن لە رۆژی قیامەتدا هەندێك دەڵێن ئەم شایەتیە مەبەست پێی ئۆممەتی محمدﷺ واتە بمان نوسە لەو ئۆممەتەی کە لە ئاخیر زەماندا دێتو دەبن بە شایەت لە سەر خەڵكو خوایە ئێمە لە ریزی ئەوان دا حیساب بکە. ئەمەش یەکێکی ترە لە سیفەتە جوانەکانی موسڵمانان، کابرا کاتێ کە دەعوەی ئایینی خودا دەکات هەرچەند کە عیبادەتیش دەکاتو ئیشی باش ئەنجام دەدات لە خۆبایی نابێت، بەڵکو لەو کاتەدا دەپارێتەوە لە خوا کە لێی وەربگرێت و بە پیاوێکی چاکی حیساب بکات. جائەم گەلە لاسارە هەر بە دژایەتی ئەو پێغەمبەرە وە نەوەستان بەڵکو چونە لای پاشای ئەو سەردەمەو قسەی زۆر خراپیان سەبارەت بە عیسا هەڵبەستو تەنانەت وتیان: ئەو باوكو کوڕی لە یەك جیا کردوەتەوەو خەڵکی سەر لێ شێواندوەو نایەڵێت لە سەر رێبازی باو باپیری خۆیان بڕۆنو پاشایان لە دژی ئەو پڕ کردو پاشایش فەرمانی دا کە بڕۆن بیگرنو هەڵیبەسن ئەوانیش چوونو چوار دەوری ماڵی عیسا یان گرتو وایان زانی بە ئاواتی خۆیان گەیشتون، بەڵام خوا عیسای رزگارکردو ئەوانی بۆهەمیشە شەرمەندەو رووڕەش کرد ئەگینا عیسا نەگیراوە نە هەڵواسراوە بەڵکو وەکو وتمان: خوا بەرزی کردەوەو لە دەستی ئەوان رزگاری کرد وەك دەفەرموێ: ﴿نە کوشتیانو نە هەڵیان واسی بەڵام لێیان تێکدرا﴾ نیسا/ ١٥٧ بۆیە لێرەش دەفەرموێ:

٥٤ ئەوان فڕوفێڵی خۆیانیان کردو خوا بە شێوەی فڕوفێڵەکەیان سەری لێ تێکدانو عیسای رزگار کرد. بە راستی خوا چاکتر لە هەموو فێلبازان تۆڵە لە فێلبازان وەردەگرێت. ﴿وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ﴾ یەکێکە لە سیفەتەکانی خواو نابێ (ماکر)ی رووت بە کار بهێنرێت. ئینجا خوای گەورە داوا لە پێغەمبەرمان دەکات کە باسەکەی عیسا زیاتر رۆشن بکاتەوە بۆمانو دەفەرموێ:

٥٥ باس بکە بۆیان ئەو کاتەی کە خوا فەرموی: ئەی عیسا من نایەڵم دەستی ناپاکی ئەوان بە تۆ بگات، چونکە من تۆ ئەبەمەوەو بەرزت ئەکەمەوە بۆ لای خۆم. وشەی ﴿مُتَوَفِّيكَ﴾ بە مانای مردن هاتوە واتە ئەیمرێنم جا ئەمە هەندێك دەڵێن سێ ساعاتو هەندێك سێ رۆژ خوا مراندویەتی ئینجا زیندوی کردوەتەوەو بەرزی کردوەتەوە، هەندێك دەڵێن:پێشکەوتنو دوا کەوتن (تقدیم و تأخیر) لێرەدا هەیە واتە ئێستا دەتبەینەوەو لە پاشدا دەتمرێنین، هەندێك دەڵێن ﴿مُتَوَفِّيكَ﴾ بە مانای وەرگرتنەوەیە کە بەو شێوەیە ئێمە ماناماں کرد لە پێشەوە. هەندێکی تر دەڵێن بە مانای خەوتنە، کە ئەمەش لە قورئاندا هاتوە وەکو لەئایەتی (٤٢) سورەتی زومەر وە ئایەتی (٦٠) سورەتی ئەنعام. وە خوا تۆی پاکوخاوێن کردوتەوە لە دەستی ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون وە ئەو کەسانەی کەبەراستی پەیڕەوی تۆن ئەی عیسا سەرکەوتوو دەبن بە سەر کافران دا هەتا کو رۆژی قیامەت. ئاشکرایە ئەو کەسەی کە باوەڕی بە عیسا بوبێتو بە پێغەمبەری زانیبێت لە پاشدا باوڕیان هێناوەو دەی هێنن بە پێغەمبەرمانﷺ وە ئەم ئۆممەتەیش ئەگەر چی ناو بەناو لاوازو کەم دەسەڵات ببێت بەڵام هەتا قیامەت هەر دەمێنێتو سەریش دەکەوێت بە سەر دوژمنانی ئایندا، ئەم گەلە ئاخر گەلەو باوەڕ بوون بەم پێغەمبەرەﷺ باوەڕ بوونە بە تەواوی پێغەمبەران، بەڵێ بە راستی ئەگەر چی ئێمە بە بۆنەی تاوانباری خۆمانەوە بێ دەسەڵات بووین،

بەڵام دوژمنان هەر لێمان دەترسێن ساڵێك پاش کیمیابارانی هەڵبجە رادیو لەندەن شەوێك لە بەرنامەی فارسیدا وتی: ئەمەریکا هیچ ترسێکی لە رووس نەماوە، مەترسی تەنها لە موسڵمانە ئوسولیەکانە بە قسەی خۆیان . وتی دەبێ یارمەتی دەوڵەتەکانی خەلیج بدرێت بۆ لە ناو بردنی ئەو موسڵمانانە، ئەوەتە ئێستا دەبینین چۆن لەم وڵاتە بە ناو موسوڵمانەوە رۆژانە دەیان موسڵمانی راست دەگیرێ‌و شەهید دەکرێت‌و ئەمریکاو ئینگلیزیش ئەو هەموو سەربازو فرۆکەو کەشتی‌و چەکی جۆراوجۆرانەیان هێناوەتە سەر خاکی موسڵمانان‌و گاڵتە بە گیان‌و سامانیان دەکات، ئێمە دڵنیاین کە جارێکی تر ئەوانە بە دەستی بەچکە شێرانی ئیسلام راو دەنرێن‌و تۆڵەی دەست درێژی خۆیان وەردەگرنەوەو ئیسلام هەر سەرکەتوو بە هێز دەبێت ئەگەر چی دوژمنان بە ملیاردها دولار دژی موسڵمانان خەرج بکەن.

ئەمەیە مانای﴿ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوۡقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾ئینجا خوای داناو زانا دەفەرموێ: لە پاشان بۆ لای من دەگەڕێنەوە ئینجا من حوکم ئەکەم لە نێوان ئێوەدا لە بارەی ئەو شتەوە کە ئێوە ناکۆکیتان تێیدا هەیە ئەوە بوو هەندێك دەی وت: عیسا کوڕی خوایەو هەندێك دەیان وت: خوای سێهەمەو هەندێکیان عیسایان بە خوا دەزانی‌و هەندێکیش عیسایان بە بەندەی خواو پێغەمبەری خوا دەزانی کە ئەمەیان کۆمەڵە راستەکەیان بوو، جا خوا هەر وا ئەم پێغەمبەرانەی بە گاڵتە رەوانە نەکردوە بەڵکو رۆژی قیامەت بە گوێرەی هەڵوێستی خەڵك سەبارەت بەو پێغەمبەرانە خودا پاداش یان سزای ئەو خەڵکە دەدات وەك دەفەرموێ:

(٥٦) جا ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون ئەوسا ئێمەیش سزایان دەدەین بە سزایەکی زۆر سەخت هەم لە دنیاو هەم لە قیامەتیشدا،وەبۆ ئەوان نیە هیچ یارمەتی دەرێك کە یارمەتی ئەوان بداتو لەو سزایانە رزگاریان بکات. واتە بێ باوەڕان نە لەم ژیانەداو نە لەو ژیانەکەی تردا ناحەسێنەوە، ئەوەتە ئەمڕۆ بە بۆنەی داوێن پیسیەوە کەوتونەتە سزایەکی گرانی وا، وە خەریکن گیانیان دەردەچێت کە لەوانە نەخۆشی ئایدزە کە گیریان خواردوە پێویەوە. ئینجا توفان وباو بومەلەرزەو شەڕی دەرونی‌و بیرۆنیان با بوەستێت ئیتر سوتان‌و تێ هەڵدان‌و ئاوی داخ خواردن‌و خوێن‌و زوخاو خواردنەکەی قیامەتیشیان هەیە، ئینجا سەبارەت بە باوەڕداران دەفەرموێ:

(٥٧) وە ئەوکەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردوە خوای گەورە پاداشتیان پێ دەداتەوەو بە راستی خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت.

(٥٨) ئا ئەوەی کە بۆ تۆی دە خوێنینەوە بەشێکە لە نیشانەکانی ئێمەو لەو قورئانە پڕ لە داناییەی کەپێمان داویت، واتە ئەوەی کە باسی دەکەین سەبارەت بە لە دایك بونی عیساو ژیانی‌و بەرز بونەوەی بۆ ئاسمان بەشێکن لەو بەڵگە گەورانەی هێزودەسەڵاتی خوداو بەشێکی ئەم قورئانە پڕ حیکمەتەن، ئینجا خوای گەورە سەبارەت بە دروست بوونی عیسا (عليه السلام) دەفەرموێ:

(٥٩) بە راستی وێنەی دروستبونی عیسا لە لای خوا هەروەکو دروست بونی ئادەم وایە کە دروستی کردوە لە خاك نە بابی هەیەو نە دایك ئەویشی ئاوەها دروست کردوە بێ باوكو لە دایکێکی پاكو خاوێن‌و خوا ناس پاشان پێی فەرمو: ببە. ئینجا ئەویش بوو.

(٦٠) ئەوەی کە راستیێ هەر ئەوەیە کە لە لای پەروەردگارتەوە هاتوە ئەوساتۆ نەکەویتە گومانەوە لە م روداوەی عیسادا. ئاشکرایە کەپێغەمبەری خوا ناکەوێتە گومانەوە، بەڵام بۆ ئێمەیە ئەم ئاموژگارییە.

(٦١) جا هەر کەسێك لەبارەی عیساوە پاش ئەوەی کە تۆ هەموو راستیەکانت زانی دەمەقاڵەی لە گەڵتا کرد، دەی پێیان بڵێ: وەرن با ئێمەوئێوە هەمومان کوڕانمان‌وژنانمان بانگ بکەین‌وخۆیشمان لە پاشا هاوارەبکەینە لای خوا ئەوسا نەفرین بکەین‌و بڵێن: نەفرینی خوا لە درۆزنان. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە وەفدێکی فەلەکانی نەجران کە پێك هاتبو لە شەست سوار کە چواردەیان لە گەورە پیاوان‌و ئەشرافیان بوون‌و کارو باری ئەو ناوچەیە هەموی لە ژێر دەستی ئەوان دا بوو لەوانە: عاقب کە ناوی عبد

المسیح بوو _وە سەید ـ کە ئەیهەم بوو ـو باوکی حاریسەی کوڕی عەلقەمە برای بەکری کوڕی وائیلو وەیسی حاریسو زەیدو قەیسو یەزیدو نەبیحو خوەیلیدو عەمرو خالیدو عەبدوڵاو یوحەننەش بوون ئەمانە بە راستی پێغەمبەریان لە لا تەواو بوو بەڵام هەر بە دژایەتیو حەسادەتەوە دانیان بەم راستیەدا نەدەناو بەردەوام بون لە سەر ئایینە گۆڕاوەکەی خۆیانو دژایەتی پێغەمبەرﷺ ، ئینجا دەڵێن: سەرەتای ئالی عیمران هەتا ئایەتی هەشتا دەربارەی ئەوان دابەزیوەو ئەم نەفرینەی کە لێرەدا باسی دەکات ئەو کاتەبو کە لە هەمو قسەکاندا دژایەتیان کردو داوای چونیەتی دروستبونی عیسایان کردو خوای گەورەش بەم چەند ئایەتە وەڵامی دانەوەو فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ دا کە بانگیان بکات بۆ نەفرین کردن، جاکاتێ کە پێغەمبەر ئەم ئایەتانەی بۆ خوێندنەوەو بەیانی خۆیو حەسەنو حوسەینو فاتمەی کچی ئامادە بوون، ئەوان پەشیمان بونەوەوداوای ئاشتیان کردو پێغەمبەریشﷺ لێی قەبوڵ کردنو گەڕایەوەو نەفرینەکەی نەکردو پەیمانێکیان لەگەڵ پێغەمبەردا بەست کە ساڵانە دوو هەزار دەست لیباس بدەن بە پێغەمبەرﷺ هەزاریان لە مانگی رەجەب داو هەزارەکەی تریان لە مانگی سەفەردا. جا بەم شێوەیە خوا داستانی ئەوگەلانەمان بۆ باس دەکات وەك دەفەرموێ:

(٦٢) بە راستی ئا ئەمانەی کەباسمان کردن داستانێکی راستو رەوانن‌و هیچ پەرەستراوێکی راستین نیە بێجگە لە خودا، وە بەبێگومان کە ﷲ هەر خۆیەتی بە دەسەڵاتو دانا.

(٦٣) جائەگەر ئەوان پشت لە ئایین هەڵدەکەن ئەوسا بە بێگومان کە الله زانیاری هەیە بەسەر ئەوانەی کە خراپەکارن وسەرەنجام بەتۆڵەی تاوانی خۆیان دەگەن.

(٦٤) ئەی محمدﷺ بانگیان بکەو بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب وەرن بۆلای کەلیمەیەك کە ئەو کەلیمەیە یەکسانە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا هەر کەس راستر بکات سودی زیاتری دەست دەکەوێتو هەر کەسێکیش خراپ تربێت زیانی زیاتر دەکات، ئەو کەلیمەیەش ئەمەیە کە هیچ کاممان

إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلۡقَصَصُ ٱلۡحَقُّۚ وَمَا مِنۡ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ
ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (٦٢) فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِٱلۡمُفۡسِدِينَ (٦٣)
قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ
أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا
بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا
مُسۡلِمُونَ (٦٤) يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِيٓ
إِبۡرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوۡرَىٰةُ وَٱلۡإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ أَفَلَا
تَعۡقِلُونَ (٦٥) هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجۡتُمۡ فِيمَا لَكُم بِهِۦ
عِلۡمٞ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيۡسَ لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ
لَا تَعۡلَمُونَ (٦٦) مَا كَانَ إِبۡرَٰهِيمُ يَهُودِيّٗا وَلَا نَصۡرَانِيّٗا وَلَٰكِن كَانَ
حَنِيفٗا مُّسۡلِمٗا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ (٦٧) إِنَّ أَوۡلَى ٱلنَّاسِ
بِإِبۡرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِيُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۗ وَٱللَّهُ وَلِيُّ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ (٦٨) وَدَّت طَّآئِفَةٞ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ لَوۡ يُضِلُّونَكُمۡ
وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡ وَمَا يَشۡعُرُونَ (٦٩) يَٰٓأَهۡلَ
ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَأَنتُمۡ تَشۡهَدُونَ (٧٠)

بێجگە لە خوا کەس نەپەرەستین‌و هیچ هاوبەشێکیش بۆ خوا دانەنێین‌و هەندێکمان هەندێکمان نەکەین بە پەروەردگارو بیپەرەستین بێجگە لە خوا جا ئەگەر پشت هەڵدەچەرخێنن‌و گوێی پێ نادەن سا بائێوە بەوان بڵێن کەئێوە شایەت بن کە ئێمە موسڵمانین، ئینجا خوا دەفەرموێ:

(٦٥) ئەی محمدﷺ بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب ئێوە بۆ دەمەقاڵە لە بارەی ئیبراهیمەوە دەکەن خۆ تەوراتو ئینجیل نەهاتوە مەگەر پاش ئیبراهیم ئایا ئێوە بیرناکەنەوە بزانن چی دەڵێن؟واتە جولەکە بەوکەسانە دەوترێت کە تەوراتو فەلەش بەوکەسانە دەوترێت کەئینجیلیان بۆ هاتوەو ئەم دوانەش چەندین ساڵ پاش ئیبراهیم هاتون ئیتر چۆن جولەکە دەڵێن: ئیبراهیم جولەکەیە وفەلەش دەڵێن: فەلەیە؟!

(٦٦) وریابن وائێوە توانیتان کە دەمەقاڵەتان کرد لە بارەی ئەو شتانەوە کە دەیزانن، دەی چۆن لە بارەی شتێکەوە کەنایزانن دەمەقاڵە دەکەن؟ وە خوا هەمو راستیەکانی لایەو دەیزانێت، بەڵام ئێوە نایزانن. واتە خوا ئیبراهیم

يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَلۡبِسُونَ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ وَتَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ
وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (٧١) وَقَالَت طَّآئِفَةٞ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ ءَامِنُواْ
بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَجۡهَ ٱلنَّهَارِ وَٱكۡفُرُوٓاْ ءَاخِرَهُۥ
لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ (٧٢) وَلَا تُؤۡمِنُوٓاْ إِلَّا لِمَن تَبِعَ دِينَكُمۡ قُلۡ إِنَّ
ٱلۡهُدَىٰ هُدَى ٱللَّهِ أَن يُؤۡتَىٰٓ أَحَدٞ مِّثۡلَ مَآ أُوتِيتُمۡ أَوۡ يُحَآجُّوكُمۡ
عِندَ رَبِّكُمۡۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡفَضۡلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ
عَلِيمٞ (٧٣) يَخۡتَصُّ بِرَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ
ٱلۡعَظِيمِ (٧٤) ۞ وَمِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مَنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِقِنطَارٖ
يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِدِينَارٖ لَّا يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ إِلَّا
مَا دُمۡتَ عَلَيۡهِ قَآئِمٗاۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لَيۡسَ عَلَيۡنَا فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ
سَبِيلٞ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ (٧٥)
بَلَىٰۚ مَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ وَٱتَّقَىٰ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ (٧٦) إِنَّ
ٱلَّذِينَ يَشۡتَرُونَ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ وَأَيۡمَٰنِهِمۡ ثَمَنٗا قَلِيلًا أُوْلَـٰٓئِكَ لَا
خَلَٰقَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيۡهِمۡ
يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ (٧٧)

دەناسێت چۆنە نە ئێوە کە بە کەیفی خۆتان بەبێ زانیاری باسی دەکەن، ئینجا روون تر خوا دەمکوتیان دەکاتو دەفەرموێ:

(٦٧) ئیبراهیم نە جولەکە بووەو نە فەلە بەڵام ئیبراهیم کەسێکە کە لای داوە لە هەموو ناحەقییەكو موسڵمانەو گەردن کەچە بۆ خواو هەرگیز لە موشریکان نەبوە. ئا بەم شێوەیە خوای گەورە هەرسێ ڕێبازی کۆنی لە سەر ئیبراهیم سڕیەوەو هەمویانی بە درۆ خستەوە، چونکە هەریەك لەوانە دەیان وت: ئیبراهیم لە ئێمەیە، خوا دەفەرموێ: لە هیچ کامیان نیەو پەیڕەوی راستەقینەی خوایەو پێغەمبەرێکی بت شکێنو کۆڵنەدەر بووەو ئەم رەوشتەش رەوشتی ئەم پێغەمبەرەی ئاخر زەمانەو پەیڕەوانی راستەقینەی ئەوەن وەك دەفەرموێ:

(٦٨) نزیکترین کەس لە ئیبراهیمەوە ئەو کەسانە بوون کەلەسەردەمی خۆیدا پەیڕەوی ئەو بوونو بە فرمانی ئەو هەڵسوکەوتیان کردوەو ئا ئەم پێغەمبەرەیە کە ئەمڕۆ هاتوە بەم قورئانەوەو ئەو کەسانەن کە باوەڕیان هێناوە بەم پێغەمبەرەﷺ ئەوانە دۆستی نزیکی ئیبراهیمن(علی نبینا و علیه السلام) وە خوداش دۆستو یارمەتی دەری خاوەن باوەڕانە. جا برایانو خوشکانی خوا ناس چ لەمە خۆشترە کە ئێمە لەو کەسانە بین کە خوا دۆستو یارمەتی دەریان بێت؟ ئینجا لە فڕو فێڵی دوژمنان ئاگادارمان دەکاتەوە وە دەفەرموێ:

(٦٩) وە کۆمەڵێك لە ئەهلی کتێب ئاوات دەخوازن بۆ ئەوەی کە ئێوە گومڕا بکەنو لاتان بدەن لە سەر ئاینی ئیسلام، بەڵام هەرکەسێك راست بێت ئەوان ناتوانن هیچی لە گەڵدا بکەن وەك دەفەرموێ: وە ئەوان گومڕا ناکەن مەگەر نەفسی خۆیانو ئەمانە هەست ناکەنو نازانن کە چاڵکەن خۆی لە بنی چاڵدایەو تەنها خۆیان زیان ئەکەنو موسڵمانی راست ناگۆڕێتو نادۆڕێت. خوای خاوەن تواناو بە سۆز کوفرو بێ ئایینی پێ خۆش نیەو جارێکی تر بانگ دەکاتە ئەهلی کتێبو دەفەرموێ:

(٧٠) ئەی ئەهلی کتێب بۆ ئێوە بێ باوەڕن بە ئایەتەکانی خوا وە خۆتان شایەتن لە سەر راستی ودروستی محمدﷺ و بەرنامەکەی؟. دیسان خوای میهرەبان بانگیان دەکاتو دەفەرموێ:

(٧١) ئەی ئەهلی کتێب بۆ حەقو ناحەق تێکەڵاوی یەکتر دەکەنو ئەوەی راستە لە پەڕاوەکانتاندا هاتوەو دەیشارنەوەو ئەوەی ناڕاستە باسی دەکەنو بڵاوی دەکەنەوە، وە خۆتان دەزانن کە ئەم کارەتان شتێکی نادروستو نارەوایە ئیتر بۆ ئەوئیشە دەکەن؟ ئینجا خوای گەورەشێوەیەکی تری فڕو فێڵی کافرانمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٧٢) تاقمێك لە ئەهلی کتێب بە جەماعەتەکەی خۆیانیان دەوت: باوەڕ بهێنن بەوەی کە دابەزیوەتە سەر باوەڕداران تاقی بەیانیانو دەنگو باسیان بزانن‌و لە ئاخیری رۆژدا بگەڕێنەوە بەلکو ئەوانیش بگەڕێنەوە. بەڵێ خوانەناسان بەم ئیشەیان دوومەبەستی خەتەرناکیان هەبو، یەکەم ـ بەم شێوەیە دەتوانن دەنگو باسی ناوخۆی موسڵمانان بزانن. دوهەم ـ بەم ئیشەیان کار بکەنە سەر باوەڕی باوەڕداران ودوودڵی دروست بکەن لەناویاندا و لەم لاولاش

بلێن، ئەگەر ئیسلام راستو چاك بوایە ئێمە پەشیمان نەدەبوینەوە، وە ئەمەش رێگایەكی زۆر شەیتانانەیە بۆ پاشگەز كردنەوەی خاوەن باوەڕان، بەڵام بێ باوەڕان با چاك بزانن، ئەم جۆرە ئیشانە ئاشكراو ناسراوە لە ناو موسڵمانانداو ناتوانن بەو شێوە فرو فێڵانە زیان بە بیرو باوەڕی خاوەن باوەڕان بگەیەنن چونكەبە كوێرایی چاوی دژمنان خوای زانای باڵادەست دۆستو یارمەتی دەری خاوەن باوەڕانەو لەپیلانی دوژمنان پارێزەریانە.

(٧٣) بەڵێ خوای گەورە درێژە دەدات بە رۆشن كردنەوەی فرو فێڵەكانیانو دەفەرموێ: ئەوان بەئێوە دەڵێن: باوەڕ نەكەن بە هیچ كەسێك مەگەر ئەو كەسەی كە پەیڕەوی ئاینی خۆتان بێت واتە كەس بە راست مەزانن‌و بە گوێی كەس نەكەن مەگەر ئەو كەسە لە سەر دینی خۆتان بێت، چونكە ئەوان كەس بە راست نازانن بێجگە لە خۆیان، جو، هەر جو بەراست دەزانێ‌و فەلەش هەر فەلە، ئەوەتە خوا بە درۆیان دەخاتەوەو دەفەرموێ: ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: هیدایەت هەر هیدایەتی خوایەو بەس. ئەوانیش دەڵێن: هەرگیز باوەڕ نەكەن كەبە هیچ كەس درابێت وێنەی ئەوەی كە دراوە بە ئێوە. بەم شێوەیە ئەمانە خۆیان بە گەلی هەڵبژاردەی خوا دەزانن‌و پێیان وایە كە هیچ كەسێكی تر بێجگە لەوان مافی پێغەبەرایەتی نیەو نابێت، هەرچەند ئەمەش قسەیەكی سەرزارەكییەو خۆیان دەیان زانی كە پێغەمبەرمانﷺ راستەو لە غەیری ئەوانیشەو دەیان وت: قسەیان بۆ نەكەن تا نەبێت بە بەڵگە لە سەرمان، یان ئەوانە بتوانن موجادەلە بكەن لە گەل ئێوەدا لە رۆژی قیامەتدا؟! ئەی‌محمدﷺ بڵێ: تەواوی فەرو خێر بە دەستی خوایەو دەی دات بە هەركەسێك كە خۆی ئارەزۆی لێ بێت كەس ناتوانێت بەرگری بكاتو پێغەمبەرایەتیش بە شێكە لەوفەرو‌خێرەو بەدەست خوایە و خۆی دەزانێت بە كێی دەدات، وەبە راستی خوا فراوانە لە هەموو بارێكەوەو زانایە بە ئیش‌و كاری ئیستاو لەمەوبەرو ئایندەو كەی‌و چۆن‌و لە كوێدا بوەو دەبێتو دابەش كردنی نیعمەتەكانی هەموی لە روی زانین‌و ئاگاییە نەك هەروا ئیشێكی گۆترەكاری بێت.

(٧٤) جا ئیتر لە سەر ئەو زانینەی خۆی رەحمەتو سۆزی خۆی دەرژێنێت بە سەر ئەو كەسەدا كە ئارەزۆی لێ بێت، وە خوا خاوەنی خەیرو بەرەكەتی گەورەیە جا لەو بەرەكەتو فەرەی بەخشی بە هەر كەس، پێویستە ئەویش سوپاسی بكات و پەیڕەوی فرمانەكانی بكات چونكە شوكری نیعمەت نیعمەت زیاد دەكاتو كوفری نیعمەت نیعمەت لە بەین دەبات. وەكو لە سورەتی ئیبراهیم ئایەتی حەفتەم دا دەفەرموێ: ﴿باس بكە ئەو كاتەی كە خوای تۆ جاڕی داو فەرموی: ئەگەر سوپاسم بكەن زیادی ئەكەم و ئەگەر بێ منەت بن سزام زۆر سەختە﴾.

(٧٥) وە ئەهلی كتێب هەموی وەكو یەك نین خوای گەورە حوكمەكانی عادلە هەر كەس بە گوێرەی خۆی حیسابی لە گەلدا دەكاتو دەفەرموێ: لە ناو ئەهلی كتێبدا كەسی واهەیە كەئەگەر بە ئەمینی دابنێیت وە سەروەتێكی زۆری پێ بدەیت هەر كاتێ كەداوای لێ بكەیتەوە پێت دەداتەوەو كەسی وایشیان هەیە ئەگەر یەك دیناری بدەیتە دەستی هەرچەند شتێكی زۆر كەمە بەڵام ئەو نایداتەوە مەگەر هەمیشە بە سەر سەریەوە بێت‌وبتوانی لێی وەرگریتەوە، بۆ؟ لە بەر ئەوەی كەدەڵێن: ئەوانە نەخوێندەوارن‌و مافی هیچیان نیەو بە مرۆڤ حیساب نین لە لای ئێمە، واتە هەمو ماڵی خەڵك بە ماڵی خۆیان دەزانن‌و چۆن دەستیان بكەوێت بە حەڵاڵی دەزانن ئا ئەمەیە رەوشتی جولەكەو فەلە سەبارەت بە خەڵكی تر كەچی بۆ چاو بەستنی خەڵك لافی مافی مرۆڤ‌و ئینسان دۆستی لێ دەدەن؟!وە ئەم بڕیارەی خۆیان بە قسەی خوا دادەنێن، بەڵام خوای میهرەبان‌و زاناو دانا بە توندی لە دەمیان دەداتو ئەو قسەیشیان وەكو باقی قسەكانی تریان بە درۆ دەخاتەوەو دەفەرموێ: وە ئەمانە درۆ بە دەمی خواوە دەكەن‌و خۆیشیان دەزانن كە درۆیە.

(٧٦) ئینجا خوا دەفەرموێ: وانیە كە ئەوان بۆی دەچن‌و دەیڵێن، هەر كەسێك ئەو عەهدو پەیمانەی كەداوێتی بە خوای خۆی بباتەسەرو لە خوای خۆی بترسێت، ئەوەیە مرۆڤی راستو دروستو پەرهیزكار ئەوسا بە بێگومان الله یش مرۆڤی پەرهیزكاری خۆش دەوێت. نەك مرۆڤی خۆ

وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُۥنَ أَلْسِنَتَهُم بِٱلْكِتَٰبِ لِتَحْسَبُوهُ
مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمَا هُوَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَيَقُولُونَ هُوَ
مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ
وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٨﴾ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ
وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن
دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّۦنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ
وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ
وَٱلنَّبِيِّۦنَ أَرْبَابًا ۗ أَيَأْمُرُكُم بِٱلْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨٠﴾
وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّۦنَ لَمَآ ءَاتَيْتُكُم مِّن كِتَٰبٍ
وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ
بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥ ۚ قَالَ ءَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِى ۖ
قَالُوٓا۟ أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَٱشْهَدُوا۟ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨١﴾
فَمَن تَوَلَّىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٨٢﴾
أَفَغَيْرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُۥٓ أَسْلَمَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾

به زل زانو تاوانبارو بێ رەوشتی وەك ئەو درۆزنانە.

ئینجا خوای گەورە باسی پەیمان شکێنانو پاشگەز بوان دەكاتو دەفەرموێ:

﴿٧٧﴾ بەبێگومان ئەوكەسانەی کە ئەو عەهدو پەیمانەی کە بە خوایان داوەدەفرۆشن بە بەهرەیەکی کەم. واتە پەیمانو ئایینەکەی خوا لە بەر شتێکی کەم وەکو مەقامو شوهرەتو پارەو خۆشگوزەرانی دەگۆڕنەوەو ڕێبازو بەرنامەی جگە لە بەرنامەی خوا وەردەگرن ئەوانە هیچ بەشێکی چاکیان نیە لە قیامەتداو خوای گەورە قسەیان لە گەڵدا ناکات و بەمیهرەبانیەوە تەماشایان ناکات لە ڕۆژی قیامەتداو لەتاوان پاکیان ناکاتەوەو بۆ ئەوان هەیە سزایەکی دەردناك. بەڵێ ئەوە پاشەڕۆژو ئایندەی چاوەڕێ کراوی ئەو کەسانەیە کە ئایینی خودا بە جێ دەهێڵنو دوای ئەمو ئەو دەکەون بۆ خاتری لوقمە نانێکی حەرامو تەرام. لە فەرمودەیەکدا کە ئیمامی بوخاری لەعبداللە ی کوڕی ئەبی ئەوفاوە هێناویەتی دەڵێت: پیاوێك لە بازاڕدا هەندێ کەلو پەلی دانابوو بۆ فرۆشتنو سوێندی بە خوا دەخوارد کە ئەوەندەم پێ داوە، کە پێی نەدابوو، بۆ ئەوەی بەو سوێندە پیاوێکی موسڵمان بخەڵەتێنێت، لە بەر ئەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

هەروەها سەبارەت بەو کەسانەی کە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا قسەی خۆشیان لە گەڵ ناکاتو تەماشایان ناکاتو لە تاوان پاکیان ناکاتەوە ئەم دوو فەرموودەیەی پێغەمبەرمان ﷺ ئەخەمە پێش چاوتان تا بیان ناسنو خۆتانیان لێ دوور بگرن.

١ـ لە ئەبو زەڕەوە کەدەڵێت پێغەمبەری خوادەفەرموێ:{ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمْ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فَقَرَأَهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ أَبُو ذَرٍّ خَابُوا وَخَسِرُوا خَابُوا وَخَسِرُوا قَالَ الْمُسْبِلُ إِزَارَهُ وَالْمُنَفِّقُ سِلْعَتَهُ بِالْحَلِفِ الْكَاذِبِ وَالْمَنَّانُ عَطَاءَهُ/ مسلم/پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: سیان هەن خودا قسەی باشیان لە گەڵدا ناکاتو لە ڕۆژی قیامەتدا بە سۆزەوە تەماشایان ناکاتو پاکیان ناکاتەوە لە تاوان، وە بۆ ئەوان هەیە سزایەکی زۆر بە ئێشو ئازار ،جا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەی بەسەرداخوێندنەوە. جائەبوزەر سێ جار وتی: ڕەنجەڕۆو پەشیمانن. کێن ئەوانە؟ فەرموی: ئەو کەسەی کەکراسەکەی ئەکشێ بە زەویداو ئەو کەسەی کە سودی کەڵو پەلەکەی بە سوێندی درۆ زیاد ئەکاتو ئەو کەسەی کە منەت دەخاتە سەرپێ بەخشراو}

٢ـ لە ئەبو هریرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا دەفەرموێ : {ثَلَاثٌ لَا يُكَلِّمُهُمْ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ رَجُلٌ عَلَى فَضْلِ مَاءٍ بِالْفَلَاةِ يَمْنَعُهُ مِنْ ابْنِ السَّبِيلِ وَرَجُلٌ بَايَعَ رَجُلًا بِسِلْعَةٍ بَعْدَ الْعَصْرِ فَحَلَفَ لَهُ بِاللَّهِ لَأَخَذَهَا بِكَذَا وَكَذَا فَصَدَّقَهُ وَهُوَ عَلَى غَيْرِ ذَلِكَ وَرَجُلٌ بَايَعَ إِمَامًا لَا يُبَايِعُهُ إِلَّا لِدُنْيَا فَإِنْ أَعْطَاهُ مِنْهَا وَفَى وَإِنْ لَمْ يُعْطِهِ مِنْهَا لَمْ يَفِ /مسلم وغيرة/ سیان هەن خودا قسەی باشیان لە گەڵدا ناکاتو لە ڕۆژی قیامەتدا بە سۆزەوە تەماشایان ناکاتو پاکیان ناکاتەوە لە تاوان وە بۆ ئەوان هەیە سزایەکی زۆر بە ئێشو ئازار یەکەمیان: پیاوێکە کە ئاوێکی زیاد لەخۆی لەلا هەبێتو پیاوێکی ڕێبوار کە پێویستی بەو ئاوە هەبێتوپێی نەدات. دووهەم: پیاوێکە پاش عەسر سوێند بخوات بەخوا لە سەر فرۆشتنی کەلو پەل کەبەئەوەندەی کڕیوەوکابرا باوەڕی پێ بکات بەڵام قسەکەی ڕاست نەبێت.

سێهەم: پیاوێکە هەر لەبەر دەستکەوتێکی دنیایی پەیمان بدات بە پێشەوای موسڵمانان جا ئەگەر شتی پێدا پەیمانەکەی بباتە سەر، وە ئەگەر شتی پێنەدا نەیباتە سەر. هەروەها سەبارەت بە دابەزینی ئەم ریوایەتەی تریش هاتوە کە دەڵێت: لە نێوان ئەسعەس ناوێکی سەحابەداو پیاوێکی جوولەکەدا لە سەر زەوی دەمەقاڵەیەك پەیدا بوو کێشەکەیان گەیاندە پێغەمبەر ﷺو فەرموی بە ئەسعەس:{أَلَكَ بَيِّنَةٌ فَقُلْتُ لَا فَقَالَ لِلْيَهُودِيِّ احْلِفْ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِذَنْ يَحْلِفَ فَيَذْهَبَ بِمَالِي فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا إِلَى آخِرِ الْآيَةِ / احمد والترمذی وصححه الالبانی/ ئایا شایەتت هەیە؟ وتم: نەخێر. فەرموی: بە جووەکە سوێند بخۆ، وتم: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئەگەر وابێت ئەو سوێند دەخوات‌و ماڵەکەم دەبات لەو کاتەدا ئەم ئایەتەی سەرەوە دابەزی}

ئینجا خوا سیفەتێکی تری ئەهلی کتێب باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(٧٨) بە بێشك کە لەناو ئەواندا کۆمەڵێك هەیە کە زمانیان لادەدەن بە هەندێك لەو کتێبەی کەلایانەو دەیگۆڕن‌و مانای وا لێ دەدەنەوە کە هیچ کات ناگونجێ پەیوەندی بە خواوە هەبێت، تا ئێوە وا هەست بکەن کە ئەوەش بەشێکە لەو کتێبەو قسەی خودایە لەحاڵێکدا کەئەوە هیچ پەیوەندی نیە بە کتێبی خوداوە، وە دەڵێن: ئەوە لە لایەنی خواوە هاتوە لەحاڵێکدا کە ئەوە لە لایەنی خوداوە نەهاتوە، وەئەوان درۆ بە دەمی خوداوە دەکەن‌و خۆشیان دەزانن کەقسەکانیان درۆیە؟!

ئەمە سیفەتی کۆمەڵێکە لە ئەهلی کتێب کە سڵ لە هیچ درۆیەك ناکەن‌و چی بێت بەدەمیاندا بێ ترسانە دەیڵێن جا کەسێك کە لە خوا نەترساو درۆی بە دەمی خوداوە هەڵبەست‌و ئەوەی کەنارەوا بوو وتی، ئایا ئەوە لە من‌و تۆ دەترسێت؟ ئایا دەگونجێت کە ئەوە خیانەتمان لە گەڵدا نەکات؟ ئێمە ئەوەندە سادەو خۆش باوەڕین خۆمان دەدەین بە دەست ئەوانەوەو دەڵێین ئەوان ئێمە دەژیێنن‌و کۆمەکمان پێ دەکەن‌و دلسۆزمانن؟! ئەمە لەحاڵێکدایە کە لەسەداهەشتای سامانی جیهان لەدەست ئێمەدایە کە ئێمە لەسەدا پێنجی جیهانین بە گوێرەی ئامارێك کەخۆیان بڵاوی دەکەنەوە،دەی ئایائەوان ئێمە دەژیێنن یان بەسەر ئێمەوەدەژین‌و دەمیان ناوەتە ناوسکمان‌وچاویان کوێر کردوین تاهیچ شتێك نەبینین‌و بەقسەی نارەواو روکەش کوێچکەیان پڕ کردوین تاهیچ قسەیەکی راست‌ورەوا نەبیستین‌وخەفەیان کردوین کەهاوارنەکەین‌و عەقڵیان کڕیوین تابەسازی ئەوان هەڵپەڕین‌و نەوتی رەشمان وەك روبارببەن‌و کیمیای‌و ژاری سپیمان بەهەدیە بۆبنێرن؟!! ئەی موسڵمان تاکەی هەروابێهۆش دەبیت؟

(٧٩) بۆهیچ کەسێك نیە کە خوا کتێب‌و حوکم‌و پێغەمبەرایەتی پێ دابێت لە پاشان بە خەڵك بڵێت: وەرن بەندەی من بن، واتە چۆن دەگونجێت کەسێك کەخوا ئەو هەموو نیعمەتەی پێ دابێت وەك عیسا کەچی بڵێت: وەرن جگە لەخودابەندەی من بن؟ بەڵام ئەو پێیان دەڵێت: خودا بپەرستن‌و، داناو زاناو بە حەوسەڵە بن بە هۆی ئەوەوە کە ئێوە خەڵکی فێری کتێب دەکەن وە بە هۆی ئەوەوە کە دەیخوێننەوە واتە: ئەگەر ژیر بن دەبێ ئەو فێر کردن‌و فێر بونە وا لە ئێوە بکات کە داناو زاناو بە حەوسەڵەو خوا ناس بن‌و نابێ هیچ زانایەك لە هیچ سەردەمێك بڵێت وەرن بۆ لای من پێویستە بڵێت وەرن بۆ لای کتێبەکەی خوا، وە کتێبی خوایان بۆباس بکات‌و دوریان بخاتەوە لە مرۆڤ پەرستی‌و بڵێت: ئەمەیە رێگای حەق‌و راست.

(٨٠) هەرگیز ئەو مرۆڤە بەنرخانەی کە کتێبیان بۆ هاتبێت نایانوتوە وەرن مەلائیکەو پێغەمبەران بکەن بە خوای خۆتان، ئایا دەستورتان پێ دەدەن کە کافر بن پاش ئەوەی کە موسڵمان بوون؟شتی ئاوەها بۆ ئەومرۆڤە بەنرخانەی نەگونجاوە جابەم شێوەیە بیرو باوەڕی بت پەرستان‌و جوولەکەو فەلە هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە یەکەمیان بەشێکیان فریشتەکانیان دەپەرست‌و جولەکە عوزەیرو فەلەکان عیسا.

(٨١) ئەی محمد ﷺ باس بکە بۆ ئەوان کاتێ کە خوا پەیمانی وەرگرت لە هەمو پێغەمبەران هەرچەند کە هاتبێتە لاتان کتێب‌و ژیری لە پاشان پێغەمبەرێك بێتە

قُلۡ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ
وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ
مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ
مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴿٨٤﴾ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ
دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾
كَيۡفَ يَهۡدِي ٱللَّهُ قَوۡمٗا كَفَرُواْ بَعۡدَ إِيمَٰنِهِمۡ وَشَهِدُوٓاْ
أَنَّ ٱلرَّسُولَ حَقّٞ وَجَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُمۡ أَنَّ عَلَيۡهِمۡ لَعۡنَةَ ٱللَّهِ
وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ﴿٨٧﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ
عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَا هُمۡ يُنظَرُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ
بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿٨٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ بَعۡدَ إِيمَٰنِهِمۡ ثُمَّ ٱزۡدَادُواْ كُفۡرٗا لَّن تُقۡبَلَ تَوۡبَتُهُمۡ
وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلضَّآلُّونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمۡ
كُفَّارٞ فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡ أَحَدِهِم مِّلۡءُ ٱلۡأَرۡضِ ذَهَبٗا وَلَوِ
ٱفۡتَدَىٰ بِهِۦٓۗ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٩١﴾

لاتان كە دان بنێت بەوەی کە لای ئێوەیەدایەو بەراستی بزانێت دەبێ ئێوە ئیمانی پێ بهێننو دەبێ یارمەتی بدەن، ئینجاخوا فەرموی: ئایا ئێوە پەیمانتان داو ئەم بارە گرانەتان وەرگرت؟ وتیان: بەڵێ ئێمە پەیمانمان دا خوای گەورەش فەرموی: ئەوسا هەموتان شایەت بن و منیش لە گەل ئێوەدا لەو شایەتانەین. بەڵێ بەم شێوەیە خوای زاناو دانا پەیمانی لە تەواوی پێغەمبەران وەرگرتوە کە دەبێ باوەڕ بهێنن بە پێغەمبەری پاش خۆیان ئەگەر هاتو یارمەتیشی بدات ئەمەش ئەوەدەگەیەنێ کە یەکەم: واتە هەمو پێغەمبەران لە لایەن یەك کەسەوە هاتوون کە خوایە. دووهەم: پێغەمبەران لە بناغەی ئاییندا هەمویان خاوەنی یەك بەرنامەو ڕێبازنو هیچ جیاوازیان نیە واتە لە مەسئەلەی تەوحیدی خواداو قیامەتو باوەڕ بە فریشتەو کتێبو پێغەمبەران یەكنو هیچ جیاوازیەکیان نەبووە. ئاشکرایە پێغەمبەرمانﷺ کە ئاخەرین پێغەمبەرە ﷺ ئەگەر تەواوی پێغەمبەران لە سەردەمی هاتنی ئەودا لە ژیاندا بونایە دەبوایە باوەڕیان پێ بهێنایەو یارمەتیان بدایە، چونکە بە هەمویان وتراوە دەبێ ئیمانی پێ بهێننو یارمەتی بدەن وەکو عەلیو عەبدولای کوری عەباس دەڵێن (خوا هیچ پێغەمبەرێکی ڕەوانە نەکردوە مەگەر لەو پەیمانی وەرگرتبێ کە ئەگەر خودا محمدی ﷺ ناردو ئێوە لە ژیاندا بوون دەبێ باوەڕی پێ بکەنو یارمەتی بدەن، وە خودا فەرمانیشی پێ داوە کە فەرمان بە گەلەکەیشی بکاتو پەیمانیان لێ وەربگرێت کە ئەگەر محمد هاتو ئێوە زیندو بون باوەڕی پێ بکەنو یارمەتی بدەن) تەفسیری تەبەری. عەبدولای کوری سابت دەڵێت: عومەر هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من بە لای برادەرێکی بەنی قورەیزەم دا ڕۆیشتم چەند شتێکی پڕ مانای لە تەورات بۆ نوسیمەوە ئایا پێشانت نەدەم؟ عەبدولا دەڵێت: ڕەنگی دەمو چاوی پێغەمبەر ﷺ گۆڕا، عەبدولا دەڵێ: وتم بە عومەر مەگەر تۆ روخساری پێغەمبەرﷺ نابینی؟ عومەر گورج وتی: ڕازین کەخوا پەروەردگارمان بێتو ئیسلام دینمان بێتو محمد پێغەمبەرمان بێت. عەبدولا دەڵێت: روخساری پێغەمبەر ﷺئەو نارەحەتیەی لە سەر لاچو جا فەرموی:{وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ أَصْبَحَ فِيكُمْ مُوسَى ثُمَّ اتَّبَعْتُمُوهُ وَتَرَكْتُمُونِي لَضَلَلْتُمْ إِنَّكُمْ حَظِّي مِنَ الْأُمَمِ وَأَنَا حَظُّكُمْ مِنَ النَّبِيِّينَ/ احمد وحسنه الالبانی/ سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستە ئەگەر موسا ئێستا لە ناو ئێوەدا بێتو لە پاشان ئێوە دوای ئەو بکەونو واز لە من بهێنن، گومڕا بوون چونکە ئێوە بەشی منن لە گەلانو منیش بەشی ئێوەم لە پێغەمبەران} جا کاتێ پێغەمبەران بۆیان ڕەوا نەبێت ڕێگای خۆیان بگرنو واز لە ڕێگای پێغەمبەر بهێنن ئەی چۆن ڕەوایە کە ئێمە پەیڕەوی خەڵکی ئاسایی بکەینو ڕێبازەکانیان هەڵبژێرینو واز لە ڕێبازی پێغەمبەرﷺ بهێنین؟ جاپاش ئەو پەیمانە دەفەرموێ:

﴿٨٢﴾ ئەوسا هەر کەسێك پاش ئەوەی کە ئەم هەموو ڕاستیانەی بۆ دەرکەوت، ئەگەر بێتو پشتی تێ بکات دەی ئیتر ئەوانە فاسقنو لە ئاینی ئیسلام دەردەچنو کافر دەبن.

﴿٨٣﴾ دەی ئایا ئێوەجگە لەئاینی خواتان دەوێت؟ لەحاڵێکدا ئەوەی کە لە ئاسمانەکانو زەوی دایە هەمویان تەسلیمو گەردن کەچی ئەوون ئیتر پێیان خۆش بێت یان پێیان

ناخۆش بێتو بۆ لای ئەو دەبرێنەوە بۆ پاداشتو بۆ سزا. بزانن لە راستی دا ئەوەی کە لە ئاسمانانو زەوی دا هەیە هەموی گەردن کەچی خوایە تەنانەت مرۆڤ وجنۆکەیش. بۆ نمونە: کابرایەکی کافر چۆن دروست بوە نەی توانیوە خۆی بگۆڕێت کەی دروست بووە کەی دەمرێتو چۆن هەناسەی دێتو دەچێت، رەش بێت یان سپی، بەرز بێت یان نزم، جوان بێت یان ناشیرین...و.. هتد. هیچ کامیانی بە دەست خۆی نیە هەموی لە ژێر قانونێکدایەکە خودا بۆی داناوە. تەنها خوا کردویەتی بە سەر پشك لە بەشێکی کەم دا کەهەڵبژاردنی چاك یان خراپو هەنگاوبۆنانی، جالە سەر ئەو بەشە کەمە بەهەشت یان دۆزەخی پێ دەدرێت واتە موسڵمان بە دڵو بە لەش تەسلیمی خودایە بەڵام کافر دڵەکەی سەرکەشە ئەویش بە فەرمانی ﷲ کە هەر لەسەرەتاوە بڕیاری داوە کە مرۆڤ لەو بەشەدا سەرپشك بێت، ئیتر هەموشتەکانی تری لەشی تەسلیمی خودایەو توانای هیچ گۆڕانکاریەکی نیە. ئینجا خوای باڵادەست بەرەو ئایین بانگمان دەکاتو دەفەرموێ:

(٨٤) ئەی محمد ﷺ بڵێ: ئێمە ئیمانمان هەیە بە خواو بە ئەوەی کە رەوانە کراوە بۆسەر ئێمەو سەر ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقوب ونەسباتو ئەوەی کە دراوەبە موساو عیساو تەواوی پێغەمبەرانی تر هەموی لەلایەن پەروەردگاری خۆیانەوە بووە کە ئێمە لە نێوانی ئەو پێغەمبەرانە دا هیچ جیاوازیەك دانانێینو ئێمە هەر بۆ ئەو گەردن کەچین. هەمان ئایەت لە سورەتی بەقەرەدا هەبو لە گەل کەمێ جیاوازیدا، لەوێ فەرمان درا کەهەمومان بڵێین، لێرەدا بە پێغەمبەر دەفەرموێت بڵێ:، چونکە پێغەمبەرمانﷺ قسە دەکات لە گەل وەفدەکەی نەجەران داو خودابەو دەفەرموێ: ئەی محمدﷺ تۆ بڵێ. لێرەدا فەرموی ﴿وَٱلنَّبِيُّونَ﴾ آل عمران: ٨٤، لەوێ فەرموی: ﴿وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ﴾ البقرة: ١٣٦ لێرە دەگونجێت هەر بە هەمان مانای ئەوێ بێت، وە دەشگونجێت بگەڕێتەوە سەر وشەی ﷲ واتە باوەڕمان هەیە بە تەواوی پێغەمبەران، هەر خوایش زانایە. بەڵێ ئەوەیە رێبازی راستو دروستو نابێ پەیڕەوی شتێکی تر بکرێتو هیچ بەرنامەیەکی تر بە راست بزانرێت بۆیە دەفەرموێ:

(٨٥) وە هەر کەسێك رێبازێك بێجگە لە رێبازی ئیسلام هەڵبژێرێت ئەوسا با بزانێت هەرگیز لێی وەرناگیرێتو ئەو لە رۆژی قیامەتدا لە ریزی زیان لێکەتوانە. دەی بە ناو موسڵمان ئیتر چۆن دەتوانێت رێبازێك بێجگە لە رێبازی خودا وەرگریتو خۆیشت بە موسڵمان بزانیت؟ ئەمەفەرمودەی پەروەردگارتە ژێربەو ورد بەرەوە، بۆ ژیانێکی کورتی دنیایی خۆت شەرمەزاری خوا مەکە، کە رۆیشتیت گەڕانەوەت نیە.

(٨٦) گەلێك پاش ئەوەی کە ئیمانیان هێناوە وشایەتیان داوە کە پێغەمبەر راستەو نیشانە گەلی ئاشکراودڵنیا کەریان هاتەوەتەلاو لە پاشان پاشگەز ببنەوە خوای گەورە چۆن تازەرێنماییان دەکاتو هیدایەتیان دەدات؟ لە راستیدا ئەوانە(المرتدون) ستەمکارنو خوداش گەلی ستەمکار رێنمایی ناکاتو نایگەیەنێت بە خۆشبەختی. جاخوای گەورە باسی سزای دوا رۆژی ئەو هەڵگەڕاوانە دەکاتو دەفەرموێ:

(٨٧) ئەمانە پاداشەکەیان ئەمەیە کە نەفرینی خواو فریشتەکانو هەموو خەڵکیان لە سەرە.

(٨٨) بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوەو هەرگیز سزایان لە سەر سوك ناکرێتو ئەوان مۆڵەتیش نادرێنو دەبێ زوو بە زوو بخرێنە ناو ئێشو ئازارەوە.

(٨٩) مەگەر ئەو کەسانەی کە لە دنیادا لە هەڵەی خۆیان پەشیمان ببنەوەو پاش ئەو کارە ناپەسندەیان دان بە هەڵەی خۆیان دا بنێنو ئیشی چاك بکەن، ئەوە ئیتر بە بێگومان کە الله لێبوردەو میهرەبانە بەرامبەر بەو کەسانەی کە ئاوەها تاوان دەکەنو لە پاشان پەشیمان دەبنەوە. ئەمە گەورەترین نیشانەی لوتفی خوایە بەرامبەر بە مرۆڤەکانو هیچ خاوەن دەسەڵاتێك ئاوا تاوانبارێکی بێ شەرمو سەرکەش نابەخشێت ئەم جۆرە بەخشینە تەنها لە سۆزو گەورەو هەمە لایەنەکەی الله

لَن تَنَالُواْ ٱلۡبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيۡءٖ
فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٞ ﴿٩٢﴾ ۞ كُلُّ ٱلطَّعَامِ كَانَ حِلّٗا لِّبَنِيٓ
إِسۡرَٰٓءِيلَ إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسۡرَٰٓءِيلُ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦ مِن قَبۡلِ أَن تُنَزَّلَ
ٱلتَّوۡرَىٰةُۚ قُلۡ فَأۡتُواْ بِٱلتَّوۡرَىٰةِ فَٱتۡلُوهَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ
﴿٩٣﴾ فَمَنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩٤﴾ قُلۡ صَدَقَ ٱللَّهُۗ فَٱتَّبِعُواْ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗا
وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٩٥﴾ إِنَّ أَوَّلَ بَيۡتٖ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي
بِبَكَّةَ مُبَارَكٗا وَهُدٗى لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿٩٦﴾ فِيهِ ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٞ مَّقَامُ
إِبۡرَٰهِيمَۖ وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنٗاۗ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ
مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ
﴿٩٧﴾ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱللَّهُ شَهِيدٌ
عَلَىٰ مَا تَعۡمَلُونَ ﴿٩٨﴾ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَصُدُّونَ عَن
سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنۡ ءَامَنَ تَبۡغُونَهَا عِوَجٗا وَأَنتُمۡ شُهَدَآءُۗ وَمَا ٱللَّهُ
بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ﴿٩٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ
فَرِيقٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ يَرُدُّوكُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ كَٰفِرِينَ ﴿١٠٠﴾

دەوەشێتەوە ،﴿يَا رَبِ لَكَ الحَمدُ كَمَا يَنبَغِى لِجَلاَلِ وَجهِكَ وَعَظِيمِ سُلطَانِكَ اَللهُمَ اغفِرلِى﴾.

(٩٠) بە بێگومان ئەوانەی کە کافر بوون لە پاش باوەڕ هێنانیانو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ درێژە دەدەن بە کوفرەکەیان تا نزیکی مەرگ دەبنەوە ئەوانەهەرگیزتەوبەیان لێ وەرناگیرێتو ئەوانە کەسانێکن کە گومڕا بوونو حەقیان لێ ون بوە. واتە ئەوانە کە هەر سور بوون لە سەر کوفرو بێ باوەڕی ئەگەر جار جاریش تەوبەیان بە دەمدا بێت یان لە کاتی سەرەمەرگدا کە جێگای خۆیان بۆ دەردەکەوێتو تەوبە دەکەن ئەو دوو شێوە تەوبە کردنە لای خودا وەرناگیرێت، چونکە تەوبە کاتێ وەردەگیرێت کە گیان نەگات بەو جێگایەو بە دڵ کابرا لە تاوانەکانی پەشیمان ببێتەوەو بڕیار بدات کە جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ ئەو تاوانانە، وەئەمە هەڕەشە یەکی گەورەشی تێدایە لە پاشگەز بوان.

(٩١) ئینجا دەفەرموێ:بەبێگومان ئەوانەی کە کافرنو بە کافری دەمرن ئەوسا ئیتر ئەو کافرانە پڕ بە پڕی زەوی هەموی زێڕ بێتو موڵکی ئەوان بێتو بیدەن لە باتی ئەوەی کە لە عەزابی خودا ڕزگاریان بێت هەرگیزلێیان وەر ناگیرێتو بۆ ئەوانە هەیە سزایەکی دەردناکو هیچ یارمەتی دەرێکیان نیەکە کۆمەکیان پێ بکاتو نەخرێنە ناو ئەوسزا سەختەوە. هەروەك لە بارەی عەبدوڵای کوڕی جەدعانەوە کە میوانداری خەڵکی دەکردو بەند کراوی ئازاد دەکردو نان دەر بوو پرسیار کرا لە پێغەمبەرمانﷺ ئایا سودی بۆی دەبێت؟ فەرموی:{لَا يَنْفَعُهُ، إِنَّهُ لَمْ يَقُلْ يَوْمًا رَبِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ/ مسلم، احمد/ نەخێر سودی بۆی نابێت چونکە ئەو ڕۆژێ لە ڕۆژان نەیوتوە: ئەی پەروەردگارم خۆشبە لە تاوانەکانم لە ڕۆژی قیامەتدا) وە هەر لەم بارەیەوە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ:{يُقَالُ لِلرَّجُلِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَرَأَيْتَ لَوْ كَانَ لَكَ مَا عَلَى الْأَرْضِ مِنْ شَيْءٍ أَكُنْتَ مُفْتَدِيًا بِهِ قَالَ فَيَقُولُ نَعَمْ قَالَ فَيَقُولُ قَدْ أَرَدْتُ مِنْكَ أَهْوَنَ مِنْ ذَلِكَ قَدْ أَخَذْتُ عَلَيْكَ فِي ظَهْرِ آدَمَ أَنْ لَا تُشْرِكَ بِي شَيْئًا فَأَبَيْتَ إِلَّا أَنْ تُشْرِكَ بِي /متفق عليه/ بە یەکێك لە ئەهلی ئاگر لە ڕۆژی قیامەتدا دەوترێت، ئایا ئەگەر ئەوەی لە سەر زەویدایە هەموی موڵکی تۆ بوایە دەت دا بۆ ئەوەی لەم سزایە ڕزگار ببیت؟ ئەویش دەڵێت: بەڵێ. خوا دەفەرموێ: بە ڕاستی من شتێکی کەمتر لەوەم لە تۆ دەویست بە ڕاستی تۆ لە پشتی ئادەمی باوکتا بویت من بەڵێنم لێت وەرگرت کە هیچ هاوەڵم بۆ دانەنێیت، جا تۆ ئەمەت نەکردو هاوەڵت بۆ دانام} لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێ: {فَيُرَدُ اِلىَ النَارِ/ جا ئەو کابرایە دەگێڕنەوە بۆ ناو ئاگر} ئینجا باسی خاوەن باوەڕان دەکاتو دەفەرموێ:

(٩٢) ناگەن بە پلەی بەرز لە چاکەو چاکەکاریدا تا نەبەخشن لەو شتانەی کە خۆشتان دەوێت، وە هەر شتێك ببەخشن خودا پێی دەزانێت پاداشی دەداتەوەو هیچ شتێکی لەلا ون نابێت. ڕاستە مرۆڤی موسڵمان هەر شتێك بدات لە ڕێگەی خودا چاکە، بەڵام ناگات بەو پلە بەرزە هەتا شتە خۆشەویستو چاکەکانی نەبەخشێت، جا کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ئەبو تەلحە یەکێك بوو لە یارمەتی دەرەکانو دەوڵەمەند بوو خۆشەویسترین ماڵی بیرێك بوو بە ناو (بەیروحائە) لە بەردەم قیبلەی مزگەوتەوە بوو شوێنێکی خۆش بوو پێغەمبەری خواﷺ هەمیشە دەچوو

لەو بیرە ئاوی دەخواردەوەو ئیسراحەتی دەکرد وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من هیچ ماڵێکم لەو بیرە لە لا خۆشەویستر نیە. خوای گەورەش دەفەرموێ: هەتا لەو ماڵەی کە خۆتان خۆشتان دەوێت نەبەخشن نابن بە چاکە کاری پلە بەرز من وا ئەو ماڵەم بەخشی لە ڕێگەی خودا. پێغەمبەری خواش فەرموی:{بَخٍ ذَلِكَ مَالٌ رَابِحٌ ذَلِكَ مَالٌ رَابِحٌ وَقَدْ سَمِعْتُ مَا قُلْتَ وَإِنِّي أَرَى أَنْ تَجْعَلَهَا فِي الْأَقْرَبِينَ فَقَالَ أَبُو طَلْحَةَ أَفْعَلُ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَقَسَمَهَا أَبُو طَلْحَةَ فِي أَقَارِبِهِ وَبَنِي عَمِّهِ /البخاری/ ئای چەند جوانە، ئەوەماڵێکی چاكو بە قازانجو بە سودە، ئەوەماڵێکی چاكو بە قازانجو بە سودە، بەراستی قسەکەتم بیست بەڵام من پێم خۆشە لە ناو خزمەکانی خۆتدا بێت، ئینجا ئەبوو تەلحەش وتی: وادەکەم ئەی پێغەمبەری خوا جا ئەبو تەلحە ئامۆزاو خزمەکانی خۆی بانگ کردو دابەشی کرد بە سەریاندا} بەڵێ ئەوان ئاوەها ئیشیان بە قورئان دەکرد بۆیە بە ماوەیەکی زۆر کەم ئەو ئاینەیان سەقام گیر کردو سەری خوا نەناسو ستەمکارانیان نەوی کرد، بەڵام بە داخەوە ئێمە ڕۆژانە دەیان ئایەتو فەرمودە دەبیسین وەك ئەوەی لە گەل ئێمەی نەبێت وایە، موسڵمانان وریا ببنەوە بەیانی حیسابە! ئینجا عومەر خوالێی ڕازی بێت کاتێ کە ئەو ئایەتە دابەزی وتی: من تەنها شتێك کەزۆرخۆشەویستە لام ئەو بەشەیە کە لە خەیبەردا بەرم کەوتوە، واتە ئەمەوێت داینێم لە ڕێگەی خودا، چونکە خوا دەفەرموێ: تاکو ئەوەی کە بۆ خۆتان پێتان خۆشە نەی بەخشن ناگەن بە پلەی بەرزی چاکە. وتی چی بکەم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی:{فَاحْبِسْ أَصْلَهَا وَسَبِّلْ الثَّمَرَةَ/النسائي وصححه الالباني/ ئەسڵی ماڵەکە دابنێ و بەروبومەکەی بکە بەخێر باخەڵك بیخوات}کەئەمە پێی دەوترێت وەقف. ئینجا باسی بەنی ئیسرائیلی دەکات چونکە کۆمەڵی قەشەکانو جوەکان زۆر هاتو چۆی پێغەمبەریان ﷺ دەکرد بە تایبەت جوەکان جارێك هاتنو وتیان: چەند شتێك هەیە ئەگەر خەبەری ئەو شتانەمان پێ بدەیت ئێمە ئیتر باوەڕ دەکەین بە تۆ. یەکێك لەوانە ئەوەیە کە یەعقوب کاتی خۆی چ شتێکی لە خۆی حەرام کردوە؟ جا پێغەمبەریش ﷺ بەڵێنی لێ وەرگرتن کە ئەگەر جوابم دانەوە دەبێ ئێوە باوەڕم پێ بکەن، وتیان: بەڵێن بێت. جائەوان چوار شتیان داوا کرد پێغەمبەریش ﷺ هەر چوار شتەکەی ئەوانی وەڵام دایەوە هەتا کو سێ هەمیان هەر وتیان: ڕاستە. چوارەم پرسیار وتیان: لەفریشتەکان کێ دۆستتە؟ وتی: جبرائیل وەحیم بۆ دێنێتو هەر جبرائیلیش بوە کەوەحی هیناوە بۆ هەمو پێغەمبەران لەوانەش موسا، وتیان: لێرەدا لە تۆ جیا دەبینەوە ئەگەر کەسێکی تر وەحی بۆ تۆ بهێنایە ئێمە قەبوڵمان بوو بەڵام مادام جبرائیلە، جبرائیل دوژمنی ئێمە بوەو هەمو سزایەکی ئێمە لە لایەن ئەوەوە بۆمان هاتووە. ئەوەبوو کە خوای گەورەلە سورەتی بەقەرەدا وەڵامی دانەوەو فەرموی هەر کەسێ دوژمنی جبرائیلە هەرچی دەکات بابیکات هەرئەوە دێت بۆ لای تۆو ناشگۆڕێت لە بەر خاتری ئەوان، لێرەش باسی ئەو شتانە دەکات کە زوو قەدەغە بوونو دەفەرموێ:

(٩٣) هەمو خواردنێك حەڵاڵە بۆ کوڕانی ئیسرائیل بێجگە لەوەی کە یەعقوب حەرامی کردوە لە سەر نەفسی خۆی (ئیسرائیل واتە یەعقوب عليه السلام) گوایە یەعقوب تووشی نەخۆشیەك بوەو لە پاشان داوای کردوە لە خوا ئەگەر شیفای بۆ بێت خۆشەویسترین تەعامو شەراب بە لایەوە کە بریتیە لە شیرو گۆشتی وشتر ئەوانە هیچ کامیان نەخوات ئیتر کە شیفای بۆ هاتوە نەی خواردوون ئەمەش لە پێش ئەوەدابوە کە تەورات دابەزێت. بڵێ: ئەگەر لەمەدا ڕەخنەتان هەیەو وا دەزانن وا نیە جاتەورات بێننو بیخوێننەوە ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەنو قسەی من بە ڕاست نازانن. دەی ئەگەر نەشزانن قسەی من ڕاستەو هەر بە ئارەزۆی نەفسی خۆتان دژایەتیم دەکەن زۆر چاك بزانن.

(٩٤) هەر کەسێك درۆ بەدەم خوداوە هەڵبەسێت پاش ئەوەی کە ڕاستی بۆ ڕۆشەن بویەوە ئەوسا ئەوانە ستەمکارن.

(٩٥) ئەی محمدﷺ بڵێ: خوا ڕاستی فەرموە لەو هەواڵو دەنگو باسانەی کەلە قورئاندا هاتوە دەی پەیڕەوی ئایینی ئیبراهیم بن کە ئەو ئیبراهیمە لای دابوو لە هەمو بەتاڵو ناڕەواییەك بەرەو ئاینی خوا، ئیبراهیم یەکتا پەرەستێکی ڕاستو دروستەو ئیبراهیم لە موشریکان نیە. بەم شێوەیە

قورئان رۆشنی کردەوە کە ئیبراهیم یەکتا پەرستێکی راستەقینە بوەو رێبازەکەی پاكو خاوێنەو ئەم پێغەمبەرەشﷺ بە هەمان رێگاو رێچە دا دەچێت. ﴿حَنِيفًا﴾ بە مانای لادانە لە هەمو بەتاڵی ونارەواییەکە بۆ رێگای راست. ئینجا دەفەرموێ:

(٩٦) بە بێگومان یەکەمماڵێك کە دانرا وە بۆهەمو خەڵك کە وەکو یەك تێیدا شەریك بن‌و بتوانن بێ ترس بەندایەتی تێدا بکەن ئەوماڵەیە کە لە مەکە دایەو بریتیە لە کەعبە. دەی ئەگەر جولەکەو فەلە راست دەکەن خوا پەرستن بۆ ناچن بۆ حەج‌و عومرەو تەوافی ئەو ماڵەی کە ئیبراهیم سەرلە نوێ بە فەرمانی خوا دروستی کردوە کە جێگایەکی موبارەکەو رێ پێشاندەرە بۆ عالەم. وشەی ﴿بَكَّة﴾ هەندێك دەڵێن: هەر ناوی مەکەیە، وە هەندێکی تر دەڵێن: ﴿بَكَّة﴾ بە خودی کەعبە دەڵێن‌و بە دەورو بەرەکەی دەوترێت مەکە، بەڵام دروسترین قسە یە کەمیانە. بەڵێ ئەو شوێنە مەرکەزی هەمو پێغەمبەران بوە بە تایبەتی ئیبراهیم‌و ئەو پێغەمبەرانەش کەلە نەوەی ئەون‌و وەحیش بۆ پێغەمبەرمان دووبارە لەوێوە دەستی پێ کردووە کەوا بوو جێگای رێنمایی هەموو خەڵکە تا قیامەت.

(٩٧) لەو شوێنەدا چەندین نیشانەی ئاشکرا و شوێن وەستانی ئیبراهیمی تێدایەو هەرکەسێك بچێتەناویەوە بێترسەو هەرکەسێك توانای رێگای هەبێت پێویستە کەحەج بکات‌و ئەوماڵە پیرۆزە لەنزیکەوە ببینێت‌و هەرکەسێکیش کافرو سپڵەو نمەك نەناس بێت ئەوسا بەبێشك الله بێنیازە لەهەموخەڵك. جا لەونیشانە ئاشکرانە ئاوی زەمزەم وسەفاو مەروا. ئاوی زەمزەم تاقانە ئاوێکە کەمرۆڤ بە بێ خواردن پێی دەژیت وساڵانە لە کاتی حەجدا بەملیونها بۆشکە ئاوی لێ دەردەهێنرێت و هیچ کەمناکاتەوەو لەپاش نەمانی حەجیش هیچ زیادناکات؟! سەفاو مەروا جێگای هات‌و چۆ کردنی ئەو ئافرەتەیە کاتێك کە نائومێد بوو لە هەمو شتێك لەوێدا هات‌و چۆی دەکرد تاکو بزانێت جێگای ئومێدێك نابینێتەوە کاتێك کە نائومێد بوو لە هەموی خوای گەورە ئەو ئاوەی زەمزەمی پێدا ئەمانە هەموی نیشانەی ئاشکران لە سەر هێزو دەسەڵاتی خوا وە هەروەها مەقامی ئیبراهیم کاتێك کە دیوارەکەی بەرز کردەوە بەردێکیان لە ژێر پێیدا دانا تاکو بەرز ببنەوە بۆ دانانی دیوارەکەو جێگای پێی ئیبراهیم لەسەر ئەوبەردە کەوتوە هەتا ئەم دواییەش هەر ماوە ئیتر ئەوەندە دەستی لێ دراوە ئێستا ساف بوە.

جا ئەو پێیە چۆن لە سەر ئەو بەردە رەقە کاری کردوە ئەگەر هێزو دەسەڵاتی خوا نەبێت؟ دەی ئەم ماڵە بۆجاری دوهەم ئیبراهیم دروستی کردوەو هەموشیان دەڵێن ئیمە لە سەر ئایینی ئیبراهیمین کەچی دژایەتی جێگاو رێگای ئەو پێغەمبەرە بەرێزە دەکەن؟! بە راستی پەیرەوانی راستەقینەی ئەم سەردەمەی ئیبراهیم عليه السلام، محمدﷺ و یاوەرو پەیرەوانیەتی‌و هەر ئەوانن راست دەکەن لە گەل ئیبراهیم دا، ئەوەتە ساڵانە بە میلیونها پەیرەوی ئەو پێغەمبەرە حەج‌و عومرەو تەوافی ئەو جێگا پیرۆزە دەکەن،لێرەدا هەندێك وتویانە ﴿النَّاس﴾ وشەیەکی گشتیە تایبەت دەکرێت بە موسڵمانانەوە، بەڵام من وای بۆ دەچم کە بە گشتی خۆی دەمێنێتەوە چاکترە، چونکە پاش هاتنی ئیبراهیم‌و دروست بوونی کەعبە هەمو ئینسانەکان پێویستە لەسەریان کە بچن بۆ حەج‌و عومەرەو موسڵمان ببن، کەوابو کابرای کافریش پرسیاری حەجی لێ دەکرێت هەروەکو چۆن پرسیاری نوێژی لێ دەکرێت، ئاشکرایە مەرجی قەبوڵ بوونی حەج‌و هەر بەندایەتیەکی تر بەسراوە بە بوونی ئیمانەوە بە خواو بە پێغەمبەران‌و بەرۆژی قیامەت. واتە دەبێ هەمو کەس ئیمان بهێنێت‌و حەج بکات ئەگینا تاوانبارە مەگەر توانای حەجی نەبێت. لێرەدا وشەی ﴿وَمَن كَفَرَ﴾ دەگونجێت بەمانای کوفر نەبێت، واتە داپۆشینی راستی، وە دەشگونجێت هەر بە مانای کافر بوون بێت بە تایبەتی سەبارەت بەو کەسانەی کە باوەڕیان بە حەج نەبێت. ئینجا دەفەرموێ:

(٩٨) ئەی محمدﷺ بڵێ بە ئەهلی کتێب بۆچی بێ باوەڕن بە نیشانەکانی خوا؟ خۆ بە راستی خوا شایەتە لە سەر ئەو کردەوانەی کە ئێوە دەیکەن وئاگای لێتانە؟!

وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ وَفِيكُمْ
رَسُولُهُۥ ۗ وَمَن يَعْتَصِم بِٱللَّهِ فَقَدْ هُدِىَ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٠١﴾
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم
مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ۚ
وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ
فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ
فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ
﴿١٠٣﴾ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ
وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾ وَلَا
تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ
وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٥﴾ يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ
وُجُوهٌ ۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ
فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿١٠٦﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱبْيَضَّتْ
وُجُوهُهُمْ فَفِى رَحْمَةِ ٱللَّهِ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿١٠٧﴾ تِلْكَ ءَايَٰتُ
ٱللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِٱلْحَقِّ ۗ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٨﴾

(٩٩) پێیان بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب بۆئێوە ئەوانەی کەباوەڕیان هێناوە لایاندەدەن لە ڕێگای خودا کەدەتانەوێ ڕێگای خودا بە ناشرینی پێشان بدەن لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆتان شایەتن لە سەر حەقو ڕاستی ئەو ئایینەی کە محمدﷺ هێناویەتی؟ وەخوا بێ ئاگا نیە لەوەی کە ئێوە دەیکەن.

(١٠٠) ئینجا بە ئیمانداران دەفەرموێ: ئەی خاوەن باوەڕان ئەگەر ئێوە پەیڕەوی کۆمەڵێك بکەن لەوانەی کەوا ئەهلی کتێبن ئەوانە دڵسۆز نین بۆ ئێوەو هەرگیز ڕێگای باشتان پیشان نادەن بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوان دەیانەوێت پاش موسڵمان بونتان لە ئایینتان هەڵگەڕێننەوەو کافرتان بکەن. ئا بەم شێوە جوانە خوا ئەهلی کتێبمان پێ دەناسێنێتو دڵپیسی ئەوانمان بۆ ڕون دەکاتەوە ئیتر بۆ دەبێ ئێمە ئەوەندە گێلوگەمژەبین کە چاوەڕێی خێرۆ چاکە لەوان بکەینو بە دۆستیان بزانین؟ ئەی موسڵمان خۆت مەخەڵەتێنەو خوا ئەناسان هەرگیز تۆیان خۆش ناوێو حەز بەخۆشیو بەختەوەری تۆ ناکەنو خۆت شەرمەندەی خوداو بەندە شایستەکانی خوا مەکەو دنیا خۆشیەکی کەمەو دواهاتوە.

(١٠١) ئەی ئیمانداران ئێوە چۆن دەبێ بێ باوەڕ ببن لەگەڵ ئەوەشدا کە نیشانەکانی خوادەخوێندرێتەوە بە سەرتاندوا لە ناو ئێوەدایە پێغەمبەرەکەی؟! وە هەر کەسێك کە دەست بگرێت بە ئایینەکەی خواوە بێ گومان ئەو کەسە هیدایەت دراوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست. مانای وایە هەر کەسێك دەستی نەگرت بە ئایینەکەی خوداوە ئەوە لە گومڕاهیو بەدبەختیو سەر لێشێواوی دایە، بەڵێ کاتی دابەزینی ئەم قورئانە پێغەمبەرﷺ خۆی لە ناو ئەواندا بوە بەڵام ئێستا قورئانەکەیو فەرمودەکانی لای ئێمە حازرنو هەروەکو تەشریفی لێرە بێت وایە. دووبارە دەفەرموێ:

(١٠٢) ئەی ئیمانداران هەرچۆنێك شیاوو پێویستە ئاوا لە خوا بترسنو هەر بە موسڵمانیش بمرن. واتە پێویستەبەردەوامبین لەسەرئایین چونکە نازانین مەرگ کەی دێتو هەرکات لەوانەیە یەخەمان بگرێت هیچ کاتێك بێ ئاگانەبین لێی نەوەك لەوکاتەدا بمرینو ڕەنجەڕۆبین.

(١٠٣) دەست بگرن بە ئایینی خوا وە کە ئاینی ئیسلامەو بەش بەش مەبن، دەست گرتن بە ئاینی خواوە گوریسێکەو هەرگیز نابچڕێت لە ڕاستی دا هەر ئەمە بەسە بۆ ئەوەی موسڵمانان یەکدەستو یەك پارچە بن، چونکە دینەکەی خودا یەکەو نابێ بە دوو، بەڵام بۆ زیاتر بە هێز کردنی ئەو مانایە وشەی﴿وَلَا تَفَرَّقُوا۟﴾ ی هێنا بە دوادا واتە نەکەن بەش بەش ببن. جا کەوا بوو بەش بەش بونو دەستە دەستەییو حزب حزبانە لە ئیسلامدا نیە ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە ئیشانە دەکەنو بە شتێکی ڕەوای دەزانن بە ڕاستی بە ڕێگای هەڵەدا دەڕۆنو ئیسلام دورە لەوانەوە، چونکە خوا دەفەرموێ: هەموتان دەست بگرن بە دینەکەی خواوەو بەش بەش نەبنو بیر بکەنەوە لەو نیعمەتە گەورەی خوا کەدەمێك بو ئێوە دوژمنی یەکتر بوون جاخوا پەیوەندیو موحبەتی دروست کرد لە ناو دڵەکانتان دا ئینجا ئێوەیش بە هۆی ئەو نیعمەتەی خوداوە بوون بە برای یەکتر، وەئێوە بە ڕاستی لە لێواری بیرێکی ئاگر دا

بون‌و نزیك بو بكه‌ونه خواره‌وه بۆ ناوی ئه‌وسا به راستی خوا ئێوه‌ی رزگار كرد لێی ده‌ی كه‌وابوو شوكرو یادی ئه‌و نیعمه‌ته‌ی خوا بكه‌ن‌و زیاتر سورترو به‌رده‌وامتربن له سه‌ر به‌ندایه‌تی‌و برایه‌تی. جا ده‌فه‌رموێ: هه‌ر ئاوه‌ها خوا نیشانه‌كانی خۆی بۆ ئێوه رۆشن ده‌كاته‌وه به‌ڵكو ئێوه‌ش رێگای هیدایه‌ت بگرن‌و خۆتان به ئاره‌زۆی خۆتان ئه‌و رێبازه به نرخه هه‌ڵبژێرن.

(١٠٤) جا له ناو ئه‌و كۆمه‌ڵه موسلمانانه‌دا كه ده‌ست ده‌گرن به ئاینه‌كه‌ی خوداوه پێویسته كۆمه‌ڵێكی تایبه‌تیش له ناو ئه‌وانه‌دا هه‌بێت نه‌ك حیزبێكی تایبه‌تی كه‌پاراستنی به‌رژه‌وه‌ندی ته‌سكی حیزبه‌كه‌ی به لاوه‌پیرۆزتربێت له‌پاراستنی موسڵمانان واته هێزێك كه دڵی موسڵمانان بێت‌و پاسه‌وانی ئه‌وان بكه‌ن له‌هه‌مو بوارێكی ئایین داو خه‌ڵكی بانگ بكه‌ن بۆ ئیسلام، كه ئیسلام هه‌موی خێره‌و تاكه ئیشێكی تێدا نیه كه خێر نه‌بێت‌و فرمان بكه‌ن به چاكه‌و به‌رگری بكه‌ن له خراپه، وه به راستی ئائه‌وانه رزگارن به پێچه‌وانه‌وه ئه‌گه‌ر وا نه‌كرا موسڵمانان شه‌رمه‌نده‌و سه‌ر شۆڕ ده‌بن وه‌ك ئه‌مرۆ..

دیاره فرمان به چاكه‌و به‌رگری له خراپه به بێ هێزو ده‌سه‌ڵات نابێت واته ده‌بێ موسڵمانان حكومه‌تێكی ئیسلامی وایان هه‌بێت كه ئه‌م سێ خاڵه به‌بێ ترس ئه‌نجام بدات، ئه‌گه‌ر ئاوا ده‌سه‌ڵاتێك نه‌بێت به‌بێگومان هه‌مو موسڵمانان گوناهبارن‌و پێویسته‌له‌سه‌ریان كه هه‌وڵی په‌یداكردنی ئه‌وهێزو ده‌سه‌ڵاته بده‌ن وه‌ك له‌م بناغه شه‌رعیه‌دا ده‌ڵێت:(مَا لَا يَتِمُ الوَاجِبُ اِلَا بِه فَهُوَ وَاجِبٌ) واته هه‌ر شتێك واجبێك ته‌واو نه‌بێت به‌بێ ئه‌و، ئه‌وه ئه‌وشته‌ش خۆیشی واجبه‌و ده‌بێ ئه‌نجام بدرێت. ده‌ی ئه‌گه‌ر ئه‌م ئه‌ركه گرنگه‌ی ئیسلاممان ئه‌نجام دا ئه‌وه ئیتر سه‌ر فه‌رازو به‌خته‌وه‌ری هه‌ردوو دنیاین وه‌ك فه‌رموی: ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾ جارێكی تر خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێ:

(١٠٥) ئێوه وه‌ك ئه‌و كه‌سانه مه‌بن كه به‌ش به‌ش بوون له پاش ئه‌وه‌ی كه به‌ڵگه گه‌لێكی رون‌و ئاشكرایان بۆهات، وه بۆ ئه‌وان هه‌یه سزایه‌كی گه‌وره. كه‌ی ئه‌و سزا گه‌وره‌یه هه‌یه؟

(١٠٦) له‌ورۆژه‌دا كه هه‌ندێك له ده‌م‌و چاوه‌كان سپی ده‌بێته‌وه‌و هه‌ندێكیش ره‌ش داده‌گیرسێت، جائه‌وانه‌ی كه رویان ره‌ش ده‌بێت بریتیه له‌وانه‌ی كه كافر بوون وپرسیاریان لێ ده‌كرێت ئایا هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه له‌ئایین پاش ئه‌وه‌ی كه باوه‌ردار بوون؟ ده‌ی سا بخۆن سزا به هۆی ئه‌وه‌ی كه بێ باوه‌ڕ بوون. به‌ڵێ ئه‌وانه كۆمه‌ڵێكن كه روویان ره‌ش ده‌بێت‌و شه‌رمه‌زاری ده‌یانگرێت له ئه‌و رۆژه‌داو هاوار ده‌كه‌ن‌و ده‌ڵێن: خۆزگه دوای پێغه‌مبه‌رﷺ بكه‌وتینایه‌و قه‌پ به ده‌ستی خۆیاندا ده‌كه‌ن، جا ئه‌وانه‌ی كه‌ئه‌مرۆپشتیان كردوه‌ته په‌روه‌ردگاری خۆیان با به‌خۆیاندا بێنه‌وه به‌ر له هاتنی رۆژێكی ئاوا سه‌خت‌و بیربكه‌نه‌وه‌و بگه‌ڕێنه‌وه بۆلای په‌روه‌ردگاری خۆیان‌و حیسابێك بۆئاینده‌ی خۆیان بكه‌ن پێش ئه‌وه‌ی كه‌دادگایی بكرێن:

(١٠٧) وه ئه‌و كۆمه‌ڵه‌ش كه ده‌و چاویان رۆشن‌و سپیه ئه‌وانه وان له ناو ده‌ریای میهره‌بانی خوای خۆیان داو ئه‌وان بۆ هه‌میشه له‌و شوێنه‌دا ئه‌مێننه‌وه.

جا لێره‌دا باش دیقه‌تی لێ بكه‌ین، چونكه ئێمه له‌و دوو كۆمه‌ڵه‌یه یه‌كێكیان ده‌بین‌و كۆمه‌ڵی سێهه‌م نیه یان ئه‌و كۆمه‌ڵه ده‌بین په‌نا به خوا رومان ره‌ش ده‌بێت له ده‌رگای خودا چونكه پێغه‌مبه‌رێكمان ﷺ بۆ هاتوه‌و قۆرئانێكی پڕ به‌ره‌كه‌تی بۆ هێناوین‌و فه‌رموده‌كانی به شێوه‌ی راسته‌قینه له ناومان دا هه‌یه، به‌ڵام ئێمه هیچ گوێیان پێ نادمین‌و له‌و روو ره‌شانه ده‌بین. یان ئه‌وه‌تا به گوێمان كردوه‌و له‌و رو شادو رو سپیانه ده‌بین؟ هیوادارم خوای گه‌وره له كۆمه‌ڵی رو سپییانمان دابنێت، دیاره ئه‌مه‌ش به كرده‌وه‌ی خۆمان ده‌بێت‌و خۆمان ده‌بێ زه‌حمه‌تی بۆ بكێشین، خوداش زوڵم له كه‌س ناكات.

(١٠٨) ئه‌ی محمدﷺ ئه‌مانه ئایه‌ته‌كانی خودان كه ده‌یخوێنینه‌وه به‌سه‌رتا به حه‌ق‌و راستی نه‌ك به گاڵته‌و گه‌مه، وه خوا نایه‌وێت زوڵم بكات له هیچ كه‌سێك.

وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ
(١٠٩) كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ
وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ۗ وَلَوْ ءَامَنَ
أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم ۚ مِّنْهُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ
وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ (١١٠) لَن يَضُرُّوكُمْ إِلَّآ أَذًى ۖ
وَإِن يُقَٰتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ ٱلْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ (١١١) ضُرِبَتْ
عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ أَيْنَ مَا ثُقِفُوٓا۟ إِلَّا بِحَبْلٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَحَبْلٍ مِّنَ ٱلنَّاسِ
وَبَآءُو بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْمَسْكَنَةُ ۚ ذَٰلِكَ
بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقْتُلُونَ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ
حَقٍّ ۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ (١١٢) ۞ لَيْسُوا۟ سَوَآءً ۗ
مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ
وَهُمْ يَسْجُدُونَ (١١٣) يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ
وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُسَٰرِعُونَ
فِي ٱلْخَيْرَٰتِ وَأُو۟لَٰٓئِكَ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ (١١٤) وَمَا يَفْعَلُوا۟
مِنْ خَيْرٍ فَلَن يُكْفَرُوهُ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلْمُتَّقِينَ (١١٥)

(١٠٩) وە هەربۆ خوایە ئەوەی کە لە ئاسمانانو زەوی دایەو مولکی ئەوەو ناتوانین زەرەیەك لەو شتانەی کە ﷲ ئیرادەی نەکردبێت بگۆڕینو ناتوانین قازانج یان زیان بە هیچ کەسێکیش بگەیەنین مەگەر بە ئیزنی خوا بێتو هەموی هەربە خواستو ئیرادەی خودایەو کاروبار هەر بۆلای ئەو دەبرێتەوە. واتە هەر نیەتو قسەو کردارێك کە دەیکەن پێشەکی لە لای خواوە سەر چاوە دەگرێتو ئەو پێش خۆت بە نیەتو قسەو کردارەکانت دەزانێتو لە پاش مەرگیش ئەوانە هەموی دێنە دادگای خوداو حیسابی لە سەر دەکرێت. ئەوەتە لە سوڕەتی ملك ئایەتی چواردە دا دەفەرموێ:﴿ئایا ئەو زاتەی کەوردبینو زۆر بە ئاگایە نازانێت بەوشتەی کەدروستی دەکات؟﴾

وە لە سورەتی ق - ١٨ دا دەفەرموێ: ﴿هەر قسەیەکی لەدەم دەرچێت چاودێری لایە﴾ وە لە سورەتی زوخروف ئایەتی هەشتادا دەفەرموێ: ﴿ئایا ئەوان وا دەزانن کە ئێمە نازانین بە نهێنی وە بە چپەکانیان؟ نەخەیر وا نیەو نێرراوی ئێمەیان لایەو دەینوسن﴾

ئەی مرۆڤ ئیتر بەسیەتی لاساریو خۆ خەڕۆ کردن هەرچی دەکەیت لە سەرت تۆمار دەکرێتو کێشەی یەك یەکت لە گەلدا دەکرێت حیسابی یەکە بە یەکەی کردەوەکانت لەکەلدا دەکریت، ئینجا خوای گەورە لە وەسفی چاکانی ئەم ئومەتەدا دەفەرموێ:

(١١٠) ئێوە چاکترین گەلن کەدروست کراون بۆ سودو بەختەوەری خەڵكو ئیشەکانتان مایەی سەرفەرازیو سەربەرزی خەلکە واتە، موسڵمان بۆ خاتری بەرژەوەندی خەڵك ئیش دەکات نەك بۆ سودی شەخسیو تایبەتی خۆی، چونکە ئەگەر تەنها بۆ خۆی بێت هەر زیکرو نوێژو رۆژو بەس بوایە هەمو کەسێك دەیتوانی لە ماڵی خۆیدا ئەنجامی بدات، بەڵام خوا بەمە لێمان رازی نابێتو دەبێ کۆمەڵێکی راستمان ببێت هەوڵ بدات بۆ بەرژەوەندی خەڵكو بەرژەوەندی خۆی لە بەرژەوەندی گەلدا ببینێتەوە ئومەتی ئیسلامی پێویستە لەسەری هەموی وا بیر بکاتەوە چونکە ئیسلام بە راستی حکومەتی تاکە لە سەر گەلو هەمو کەسێك حاکمە و هەمو کەسێکیش تێیدا مەحکومە

واتە ئەو کەسەیش کە لە خواروی خوارەوەبێت بۆی هەیە موحاکەمەی رابەر بکاتو بۆی هەیە ئەگەر هەڵەیەکی کرد هەڵەکەی بڵێت ئەوەتە یەك ئافرەت روبەڕوی ئیمامی عومەر دەبێتەوە کاتێك کە مارەیی ژن دیاری دەکاتو پێی دەڵێت چۆن تۆ مارەیی ژن دیاری دەکەیت؟ خوای گەوە دەفەرموێ: ﴿ئەگر داتان بە ئافرەتان کۆمەڵە پارەیەك﴾ نیسا/٢٠ تۆ چۆن دەتوانی دیاری بکەیت؟ عومەر وتی: خوایە داوای لێ خۆشبونت لێ دەکەمو پاشگەز ئەبێتەوە لە قسەکەی خۆی، ئەوەیە دادپەروەری لە ئیسلام داو حکومەتی ئیسلام کە ئەو ئافرەتە بێ ترس لەو خەلیفە رەخنە دەگرێتو خەلیفەش رەخنەکەی وەردەگرێتو دان بە هەڵەی خۆیدا دەنێت.

جا ئەو وڵاتانەی کە ئەمرۆ هاواری دیموکراسیو مافی مرۆڤ ومافی ئافرەت دەکەن با نمونەیەکی وامان پێشان بدەن، بەم شێوەیە دەرکەوت کە حکومەتی ئیسلامی حکومەتی هەمو گەلەو هەرتاکێکی ئەوگەلەدەبێ فەرمانبەرو فەرماندەر بێت وەك دەفەرموێ: ئێوە ئەمر دەکەن بە چاکەو بەرگری دەکەن لە خراپەو ئیمانتان هەیە بە الله. (واو) تەنها بۆ عەتفەو مانای ئەوە نیە کە

دوای ئەمە ئیمانتان ببێت. بەڵام فەرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپە ئەوەندە گرنگ‌و پێویستە بۆیە وای پێشان داوە. بەداخەوە ئەمرۆ ئێمەی موسڵمان نوێژ دەکەین‌و رۆژی دەگرین، بەڵام بە سەدان ئیشی حەرام دەبینین‌و بەرگری لێ ناکەین‌و سەدان ئیشی چاکیش دەزانین‌و نایڵێین‌و خەڵکیشی بۆ بانگ ناکەین ئەمە مانای وایە کە ئێمە راست ناکەین نەلە گەل خواداو نە لەگەل خۆماندا. ئینجا دەفەرموێ: ئەگەر ئەهلی کتێب ئیمان بێنێت بەراستی هەر ئەوە چاکە بۆیان‌و سەرفەرازو سەربەرزی هەردوو ژیان دەبن. بەڵێ لەوانیش هەندێکیان ئیمانیان هێناوە وەك (عەبدوڵای کوڕی سەلام‌و نەجاشی) وە زۆربەیشیان فاسقن‌و لە سنوری خوا ناسی‌و بەندایەتی دەرچون‌و کافرن. ئاشکرایە ئەم کافرو بت پەرست‌و بێ باوەڕانە هەروا بۆ خۆیان دانانیشن‌و سەری خۆیان کز بکەن بەڵکو هەمیشە خەریکی پیلان نانەوەو سازکردنی بەڵاو سزان بۆ خاوەن باوەڕان‌و بێجگە لەوەش هیچیان پێ ناکرێت بۆیە خوا موژدە دەدات بە موسڵمانان‌و دەفەرموێ:

(١١١) ئەوانە هەرگیز هیچ زیانێکتان لێ نادەن تەنها ئێشو ئازارتان پێدەگەیەنن، واتە ئەوانە هەرچی بکەن هەرئەو ئێش‌و ئازارەیان لە دەست دێت‌و ئێوە هەر قازانج دەکەن وە ئەگەر شەڕیشتان لە گەلدا بکەن سەرەنجام پشتتان تێ دەکەن‌و شکەست دەخۆن لە پاشدا یارمەتیش نادرێن، چونکەخوای گەورە دۆست‌و سەرپەرەستی ئیمان دارانەو ئەوان هیچ دۆست‌و سەرپەرەست‌و یارمەتی دەرێکی راستیان نیە.

(١١٢) چادری زەلیلی هەڵدراوە بە سەر ئەواندا. دیارە ئەمە تایبەت بە جوەکانە لە هەر کوێدا بن مەگەر دەست بگرن بە حەبلی خواو موسڵمان بن‌و پەیڕەوی پێغەمبەرو قورئان بکەن لەم کاتەدا ئیتر هیچ جیاوازی نامێنێت وەکو دەیفەرمو:{فَلَهُمْ مَا لِلْمُهَاجِرِينَ وَعَلَيْهِمْ مَا عَلَى الْمُهَاجِرِينَ / جاج سودێك بۆ کۆچەریان هەبێت بۆ ئەوانیش هەیە وە ج زیانێك بۆ کۆچەریان هەبێت بۆ ئەوانیش هەیە}وە یان دەست بگرن بە حەبلی خەڵکەوە واتە شەرمەندەو سەرشۆڕن مەگەر ببن بە هاوپەیمانی خەڵکانێکی بەهێز تر بێجگە لە خۆیان. جاتەماشا کەن ئێستا جولەکە ئەگەر بە پاڵپشتی ئەمریکاوو ئەو هەموو کفرەوە نەبێت ناتوانێت شەڕ لە گەل موسڵماناندا بکات‌و خاکی موسڵمانان‌و قیبلەی یەکەمیان داگیر بکات. ئەمرۆ دوو شت بوە بە هۆی سەربەرزی جوەکان یەکەمیان کە گرنگتریانە واز هێنانی موسڵمانانە لە ئایینەکەیان. دووهەمیان پاڵپشتی کوفری جیهان لە جولەکە، ئینجا دەفەرموێ:وە ئەوان کەوتونەتە بەر رقی خوداو فەقیریش دووبارە ئەوانەی گرتۆتەوە.

جا لێرەدا لەوانەیە زۆر کەس بڵێت خۆ ئێستا ئیسرائیل زۆر دەوڵەمەندترە لە وڵاتە بە ناو ئیسلامیەکان کەچی خوا دەفەرموێ: ئیتر تازە ئەوان چادری فەقیری دایگرتوون، بەڵام ئەگەر کەمێك بە چاکی ورد ببینەوە دەزانین کە ئێستاش چەند فەقیرن دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەمرۆ لەم جیهانەدا دەوڵەتێکی ئیسلامیمان نیە کە یاسای ئیسلام بە رێوە ببات‌و سامانی وڵات بە شێوەی دادپەروەرانە خەرج بکات جا ئەگەر ئاوا دەوڵەتێکمان بوو ئینجا دەبینی ئەو حکومەتی ئیسلامیە چەند دەوڵەمەندەو ئەوان چەند فەقیرن هێشتا لەم حاڵەتەشدا کە ئێمە حکومەتێکی ئیسلامی ئاوەهامان نیەو سامانی وڵاتی ئیسلامی لە زۆر رێگای بێ سودەوە لەناو دەچێت کەچی خەرجی ئێمە لەم وڵاتانەی خۆماندا باشترەو سووکترە تا وڵاتێکی وەکو ئەمریکاو ئیسرائیل بۆ نمونە ئەگەر خواردنی پێنج کەس لەم وڵاتەدا بە سەدوپەنجا دیناری خۆمان تەواو ببێت هەر ئەوخواردنانە لەو وڵاتانەدا بۆ پێنج کەس بە پێنج سەد دینار تەواو نابێت، ئیسرائیل ئەگەر ساڵانە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا بە میلیونها دۆلار یارمەتی نەدات هەر زۆر زوو لە ناو دەچێت لە کاتێکدا زیاتر لەو پارەیە سەروەت‌و سامانی وڵاتانی ئێمە لەو وڵاتە کافرانەدا بە ئیشی بێ سود یان کەم سود لە بەین دەچێت کەوابوو قسەی خوا راستەو جولەکە چادری زەلیلی‌و فەقیریان بە سەردا هەڵدراوەو قەت لە سەریان لاناچێت مەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەر ئاینە پیرۆزەکەی ئیسلام. ئینجا جولەکە بۆ وایان لێ هاتوە خۆ ئەوانیش هەر بەندەی خودان بەڵکو بەندەیەکی زۆر زۆر پیرۆزیش بوون لە کاتی خۆیداو ئەولادی یەعقوب پێغەمبەر بوون‌و خوا بەرزی

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغۡنِيَ عَنۡهُمۡ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُم
مِّنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗاۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۚ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ (١١٦)
مَثَلُ مَا يُنفِقُونَ فِي هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَثَلِ رِيحٖ فِيهَا
صِرٌّ أَصَابَتۡ حَرۡثَ قَوۡمٖ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَأَهۡلَكَتۡهُۚ وَمَا
ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ وَلَٰكِنۡ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ (١١٧) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ بِطَانَةٗ مِّن دُونِكُمۡ لَا يَأۡلُونَكُمۡ خَبَالٗا
وَدُّواْ مَا عَنِتُّمۡ قَدۡ بَدَتِ ٱلۡبَغۡضَآءُ مِنۡ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَمَا تُخۡفِي
صُدُورُهُمۡ أَكۡبَرُۚ قَدۡ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡقِلُونَ (١١٨)
هَٰٓأَنتُمۡ أُوْلَآءِ تُحِبُّونَهُمۡ وَلَا يُحِبُّونَكُمۡ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱلۡكِتَٰبِ كُلِّهِۦ
وَإِذَا لَقُوكُمۡ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوۡاْ عَضُّواْ عَلَيۡكُمُ ٱلۡأَنَامِلَ
مِنَ ٱلۡغَيۡظِۚ قُلۡ مُوتُواْ بِغَيۡظِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ (١١٩)
إِن تَمۡسَسۡكُمۡ حَسَنَةٞ تَسُؤۡهُمۡ وَإِن تُصِبۡكُمۡ سَيِّئَةٞ يَفۡرَحُواْ
بِهَاۖ وَإِن تَصۡبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمۡ كَيۡدُهُمۡ شَيۡـًٔاۗ
إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطٞ (١٢٠) وَإِذۡ غَدَوۡتَ مِنۡ أَهۡلِكَ
تُبَوِّئُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ مَقَٰعِدَ لِلۡقِتَالِۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (١٢١)

کردنەوە بە سەر خەڵکی زەمانی خۆیاندا؟ بەڵام ئەوان وازیان لە ئایین هێناو دەستیان دا یە خراپە کاری وەك خوا دەفەرموێ: بۆیە ئەوان ئاوەها کەوتنە بەر تۆڵەو سزای خوای گەورە، چونکە ئەوان بێ باوەڕ بوون بە نیشانەکانی خواو چەندین پێغەمبەری خوایان کوشتوە. لە ریوایەتێکدا کە ئیبنو ئەبی حاتەم لە عەبدولای کوری مسعودەوە دەیگێرێتەوە کە لە یەك رۆژدا سێ سەد پێغەمبەریان کوشتوە بۆ ئێوارە دوکانیان داناوە واتە ئەم تاوانە گەورەیەیان بە هیچ دانەناوە،بۆیە ئەمانە وایان بەسەر هات چونکە ئەمانە تاوانیان کردوەو لایان داوە لە ئایینەکەی خوا وە ئەوان تەجاوز کار بوون بۆیە خوای گەورە ئاوای لێ کردنو بۆ هەمیشە چادری رقو قینو تۆڵەی داوە بە سەریانداو تا پەشیمان نەبنەوە ئەوە بەشیانە، ئەگینا خوا ستەم لە کەس ناکات ئەوەتە لێرەشدا دەفەرموێ:

(١١٣) ئەوان هەمویان وەك یەك نین لە ناوئەهلی کتێب دا هەندێکیان هەن کە شەو نوێژ دەکەنو ئایاتەکانی خوا لە کاتەکانی شەودا دەخوێننەوەو سوجدە دەبەن بۆ خوداو بەندایەتی راستەقینە دەکەن بە شەو تا باشتر خۆیان لە روپامایی بپارێزن، مەبەست لەسەجدە لێرەدا نوێژە بەڵام بە ناوی نزیکترین جێگای بەندە لە خواوە ناوی نوێژی بردوە هەروەك لە فەرمودەی پێغەمبەرمانەوەﷺ هاتوە کە دەفەرموێ:{أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ / مسلم/ نزیکترین کاتی بەندە لە خواوە کاتێکە کە بەندە لە سوجدە دا بێت جا زۆر دوعای تێدا بکەن} چونکە ئەو کاتە شایستەیە بۆ وەرگرتنی دوعاکانتان، ئەوەی کە بە ناوبانگە لە قسەکان ئەوەیە کە ئەم ئایەتە دەربارەی عەبدوڵای کوڕی سەلامو ئەسەدی کوڕی عوبەیدو سەعلەبەو ئوسەیدی کوڕانی سەعیەو بێجگە لەوانیش دابەزیوە. بەڵێ سەر خستنە سەر زەوی گەورەترین نیشانەی گەردن کەچیو زەلیلی بەندەیە بۆ خوا، چونکە تۆ ئەودەمو چاوەی کەزۆر بەرێزەو بەرزی رادەگریت لە ناو خەڵکدا، لە سوجدەدا ئەودەمو چاوت دەخەیتە سەر خاك بۆ خواو زۆر زەلیلی لە خۆتەوە نیشان دەدەیت. ئینجا خوای گەورە درێژە بە وەسفی ئەم کۆمەڵە چاکە دەداتو دەفەرموێ:

(١١٤) ئەمانە باوەڕ دێنن بە خواو بە رۆژی دواییو فرمان بە چاکە دەکەنو بەرگری لە خراپە دەکەنو پەلە دەکەن لە ئیشی چاکداو ئەمانە لەپیاو چاکانن. بەم شێوەیە خوای زاناو بە سۆز مرۆڤی چاك لە خراپ جیا دەکاتەوەو تۆڵەی کەس لە کەسێکی تر ناسێنێتو دەفەرموێ:

(١١٥) وە ئەوەی کەوا ئەوان دەیکەن لە چاکە با بزانن کەبێ منەت ناکرێتو پوچ ناکرێتەوەو خوایش زانایە بە پەرهیزکارانو پاداشتیان دەداتەوە رۆزییان پێ دەداتو دەرگای چاکەیان لێ دەکاتەوەو لە تاوانەکانیان خۆش دەبێتو پاسایەکی وایان پێ دەدات کە چاكو ناچاك لە یەك جیا بکەنەوەو ئەبنەخۆشەویستی خوا.ئینجا خوا پاش باسی چاکانو کردارەکانیان باسی خراپە کارانو پاشە رۆژیان دەکاتو دەفەرموێ:

(١١٦) بە بێگومان ئەوانەی کە بێ باوەڕن هیچ سودێك نادات بەوان نەماڵیان نە مناڵیان لە تۆڵەو سزای خواو

ئەوانە رەفیقی ئاگرن‌و ئەوان لەو ئاگرەدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە، چونکە بە کوفرەکەیان دژایەتی خواو مەخلوقاتی خوا دەکەن وە لە هەمو خەیرێك دا تەریکن‌و لە هەمو شەڕێکدا شەریکن، وە ئەمەش ستەمێکە پێشەکی لە خۆی دەکات‌و پاشان لە خەڵك، لە بەر ئەوە ئەگەر ئیشێکی چاکیش بکات هیچی بۆ نانوسرێت وەك لەم ئایەتەدا دەفەرموێ:

(١١٧) وێنەی ئەوشتانەی کە دەیبەخشن لەم ژیانەی دنیادا وەکو بایەك وایە کە گەرما یان سەرمایەکی زۆری تیادا بێت‌و بدات لە کێڵگەی گەلێك کە ستەمیان کردوە لە خۆیان‌و لەناوی ببات، وە خوای گەورە ستەمی لێ نەکردن بەڵکو خۆیان ستەمیا لە خۆیان کرد کە باوەڕیان نەهێنا تا بە کافری مردن.

١ ـ وشەی﴿صِرٌّ﴾ هەندێك بە گەرماو هەندێك بە سەرما تەفسیریان کردوە. واتەبۆ هەردوویان هاتوە.

٢ـ وشەی (رِيحٌ) بە تاکی زۆرتر لە قورئاندا بۆ سزا بە کار هێنراوە وەکو ﴿ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ الأحقاف: ٢٤ ﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِي يَوۡمِ نَحۡسٖ مُّسۡتَمِرّٖ ﴿١٩﴾ ﴾ القمر: ١٩. وە لە هەر کوێدا کۆیە بۆ خۆشی‌و نیعمەت‌و ڕەحمەت بە کار هێنراوە وەکو ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦ ﴾ الأعراف: ٥٧ یان ﴿ وَأَرۡسَلۡنَا ٱلرِّيَٰحَ لَوَٰقِحَ فَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَسۡقَيۡنَٰكُمُوهُ وَمَآ أَنتُمۡ لَهُۥ بِخَٰزِنِينَ ﴾ الحجر:٢٢

٣ـ ستەم کارو موشریك بونیان مەترسیەکی گەورەو گرانی هەیە بۆ موسڵمانان بە تایبەتی ئەگەر ئەوان زۆرترو بە دەسەڵات تر بن‌و پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {مَنْ جَامَعَ الْمُشْرِكَ وَسَكَنَ مَعَهُ فَإِنَّهُ مِثْلُهُ/رواه الترمذی وحسنه الالباني/ هەر کەسێك لە گەڵ موشریکدا کۆ ببێتەوە یان نیشتەجێ بێت لە گەڵیدا ئەوە ئەویش هەروەك ئەو موشریکە وایە}

٤ـ (بِطَانَةً) بە ئەهلی تایبەتی کابرا دەوترێت کە هەمو شتێکی کابرا بزانێت. ئەبو سەعید دەڵێ کە پێغەمبەری خوا فەرمویەتی:{مَا اسْتُخْلِفَ خَلِيفَةٌ إِلَّا لَهُ بِطَانَتَانِ بِطَانَةٌ تَأْمُرُهُ بِالْخَيْرِ وَتَحُضُّهُ عَلَيْهِ وَبِطَانَةٌ تَأْمُرُهُ بِالشَّرِّ وَتَحُضُّهُ عَلَيْهِ وَالْمَعْصُومُ مَنْ عَصَمَ اللَّهُ / البخاری/ خوا هەر پێغەمبەرێکی رەوانە کردبێت‌و هەر جێ نشینێکیش دانرابێت دوو هاوەڵی نهێنی زانی ئەوی پێداوەکە یەکێکیان فرمانی پێداوە بە چاکە کردن‌و هەڵیناوە لە سەری‌و یەکێکی تریان فرمانی پێداوە بە خراپەو هەڵی ناوە لە سەری وە پارێزراو ئەو کەسەیە کە خودا پاراستویەتی} دووبارە خوای گەورە بانگی ئیمانداران دەکات‌و تێمان دەگەیەنێت کە ئێمە دوژمنەکانمان بناسین‌و دەفەرموێ:

(١١٨) ئەی ئیمانداران هەرگیز بێجگە لە خۆتان دۆستی پەنامەکی بۆ خۆتان قەبووڵ مەکەن واتە کەس نەکەیت بە دۆستی نهێنی بۆ خۆت مەگەر خاوەن باوەڕ بێت، بۆ؟ چونکە ئەوان هەرگیز کۆتایی ناکەن لە خراپە کردن تێکدانی ژیری‌و بیرو باوەڕتان‌و شێت کردنتان‌و هەمیشە ئاواتە خوازی ئەو شتەن کە دەبێ بە هۆی سزاو تەنگ‌و چەڵەمەو ناڕەحەتیتان بە راستی هەندێك جار لە دەمیانەوە رق‌و کینەیان دەردەکەوێت کە رقیان لە ئێوەیە، وە ئەوەی کە دەیشارنەوەو بە ئێوەی ناڵێن‌و بە نهێنی لەدژی ئێوە ئەنجامیان دەدەن زۆر زۆر گەورەترو پڕ مەترسی ترە لەوەی کە جار بەجار بە دەمیاندا دێت لەدژایەتی کردنتان، جا دەفەرموێ: بە راستی ئێمە ئاوەها نیشانەکانی خۆمان رۆشن کردوەتەوە بۆتان ئەگەر ئێوەش ژیری بخەنە کارەوەو خۆتان گێل نەکەن دەبێ دۆست‌ودوژمنی خۆتان باش بناسن.

جا ئەمە هەڕەشەیەکی گەورەو توندە بەتایبەت بۆ ئەمڕۆی ئێمەو پێویستە بزانین کە دۆستایەتی لە گەل کێدا دەکەین‌و نابێ بخەڵەتێین بە قسەی پوچ‌و بەڵێنی درۆی خوانەناسان، چونکە ئەمانە هەرگیز لە گەل ئێمەدا راست نین، وە نابێ ئێمە ئەوەندە ساویلکەو نەزان بین. ئینجا جوانتر پێناسەی خوانەناسمان بۆدەکات‌و دەفەرموێ:

(١١٩) ئاگاداربن ئێوە ئا ئەوانەن کە ئەوانتان خۆش دەوێت، بەڵام ئەوان ئێوەیان خۆش ناوێت، وە ئێوە باوەڕتان بە تەواوی ئەم کتێبە هەیەو هەموی بە راست دەزانن کەچی ئەوان لەو بە گومانن، وە هەر کاتێك بگەن بە ئێوە دەڵێن: ئیمانمان هێناوە، وە هەر کاتێکیش کە هەرخۆیان تەنیا

بن‌وموسڵمانیان لەناودا نەبێت لە داخدا ئەنگوستی خۆیان دەگەزن‌و دەڵێن: ئەوانە چین‌و دەیانەوێ چی بکەن؟! وە سەدان قسەی ناشیرین دەکەن وەکو ئەمڕۆ کابرا خۆی بە موسڵمان ئەزانێت کەچی گاڵتە بە سوننەتی پێغەمبەرﷺ دەکات‌و بە ناڕەوا ڕەخنە لە خاوەن باوەڕان دەگرێت، ئینجا خوا دەفەرموێ: ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: هەر با بەو داخەوە بمرن بە ڕاستی خوا زانایە بەوەی کە لە ناو سینگەکاندا هەیە. ئینجا خوای گەورە سیفەتێکی تری ئەوانمان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٢٠) ئەگەر کەمێك شتی چاکەتان پێ بگات‌وکەمێ بکەونە خۆشیەوە ئەوان ناڕەحەت دەکات‌و ئەگەر خراپی‌وبەڵایەك ڕوتان تێ بکات ئەوان بەوەکەیف خۆش دەبن، واتە ئێوە نەك هەر دوچاری چاکەو خۆشی بن بەڵکو هەر تۆزقاڵێك چاکەتان پێ بگات ئەوان پێیان ناخۆشە، جا ئەگەر بکەونە ناوچاکەوە بە ڕاستی ئەوان هەر لەوانەیە لەت لەت ببن لە خەمدا، بەڵام بەڵاو موسیبەتتان هەرچەند زۆرتربێت ئەوان خۆشحاڵ تردەبن، ئینجا خوا دڵی خاوەن باوەڕان دەداتەوەو دەفەرموێ: خۆ ئەگەر ئێوە سەبرتان ببێت‌و تەقواتان هەبێت فڕوفێڵی ئەوان هیچ زیانێکتان پێ ناگەیەنێت. بەڕاستی ئەم دوو وشەیە زۆر پیرۆزن‌و سارێژ کەری هەموو ئێش‌و ژان‌و برینێکن‌و هۆی سەرکەوتن‌و پیرۆزی موسڵمانانە لە هەموو شەڕێکدا چ شەڕی شەیتان‌و نەفس بێت‌و چ شەڕی کوفرو تاغوت‌و تاغوت پەرستان بێت، بەڵێ ئەگەر بەم دوو وەسفەوە موسڵمانان خۆیان لکاند بە بەرنامەو فەرمانەکانی خواوە دوژمنانیان خۆیان پێ ناگیرێت‌و بە زویی تارو مار دەکرێن، چونکە ئەوان سەرشۆڕو زەلیلن لە بەر دەستی خوادا، ئەوەتە دەفەرموێ:بەبێگومان کە الله ئاگادارە بەوەی کە ئەوان دەیکەن‌و بەهێزو دەسەڵات‌و زانیاری خۆی چوار دەوری داون‌و لە کاتی پێویستدا دێت بە هاواری خاوەن باوەڕانەوەو دەیان پارێزێت دوژمنانیان سەرشۆڕو ڕیسوادەکات، ئینجا خوای گەورە لە ئایەتی سەدو بیست‌و یەك بەولاوە تا کۆتایی ئەم سورەتە بەدرێژی باسی شەڕی ئوحود دەکات. جابۆ ئەوەی جوانتر لە ئایەتەکان شارەزابین کورتەیەکی ئەو غەزایەتان بۆ باس دەکەین، دەگێڕنەوە لەمبارەوە پرسیارکرا لە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف کەدەنگ‌و باسی جەنگی ئوحود چۆن بوە وتی: پاش ئایەتی سەدوبیست‌و یەکی ئالی عیمران بخوێنەرەوە دەنگ‌و باست دەست دەکەوێت، قورەیش کە شکستی غەزای بەدرو تیاچونی دەیان پیاوی ناودایان، بوو بە داخ‌و سەرشۆڕیان، بڕیاریاندا سوپایەکی بە هێز بۆ تۆڵە سەندنەوە لە موسڵمانان ڕێکبخن جا ئەوەبوو لە مانگی شەوالی ساڵی سێهەمی کۆچیدا بۆ سڕینەوەی ئەو نەنگ‌و سەرشۆڕیەی ساڵی بەدر سێ هەزار کەس بە فەرماندەیی ئەبوو سوفیان بەرەو مەدینە کەوتنە ڕێ‌و خێڵەکانی دەوروبەری مەکەیش هاوکاریان کردن‌و ئەبوعەمری ڕاهیبیش کە خەڵکی مەدینەو لە تیرەی ئەوس بوو لە دژی پێغەمبەر ﷺ ڕایکردبوە ناو قورەیشیەکان‌و پێغەمبەرﷺ ناوی نابو ئەبو عەمری فاسق لە گەلیان‌و سەفوانی کوڕی ئومەییە وتی: بە ئەبو عوزەی شاعیر وتی تۆ شاعیرو زمان لوسی دەبێ بە قسەو هەڵبەست یارمەتیمان بدەیت

وتی: من پەیمانم داوە بە محمدﷺ کە لە دژی نەدوێم دەترسێم ئەم جارە بکەومەوە بەر دەستی‌و ڕزگارم نابێت. وازی لێ نەهێنا تا لە گەڵ خۆیان دا بردی‌و ژنانی قورەیش بە سەرۆکایەتی "هیندی کچی عوتبە کە خێزانی ئەبو سوفیان" بو سور بوون لە سەر ئەوە کە بچن لە گەڵیانداو هاوبەشی شەڕەکە بکەن پیاوەکانیان لەم بارەوە کەوتنە مشت‌و مڕ، هەندێکیان بردنیان بە لاوە چاك بوو چونکە ئەوان باشتر دەتوانن پیاوان هەڵبنێن‌و کوژراوەکانیان بخەنە وە بیرو هەندێکی تریان ئەم بۆچونەیان بەلاوە پەسند نەبوو "هند" هاتە زمان‌و قیژاندی‌و وتی: ئێوە لە ڕۆژی بەدردا خۆتان دەرکردو هاتنەوە باخەڵی ژنەکانتان بەڵێ ئێمە دێین‌و بە قسەی کەسیش ناگەڕێینەوە جا ئەو سوپای سێ هەزار کەسیە بە ژنانەوە هاتن‌و سەرپەرشتی ژنان بە دەست هندەوە بوو کە لە بەدردا عوتبەی باوکی وەلیدی برای‌و شەیبە مامی‌و حەنزەلەی کوڕی کوژرابوون ئەو ساڵە نە خۆی‌و نە ئەبو سوفیانی مێردی ئاویان لە لەشیان نەدابوو نەشگریا بوون بۆ کوژراوەکانیان‌و سوێندی تۆڵە سەندنەوەیان خواردبوو، ئەو لەشکەرە دوسەد ئەسپ‌و

سێ هەزار وشترو حەوت سەد زرێی جەنگیان پێ بوو ئاڵای گەورەیان بە دەست تەلحەی کوڕی ئەبو تەلحەوە بوو هەر لە کاتی ڕێکەوتنی ئەو سوپایە عەباسی مامی پێغەمبەر کە هێشتا موسڵمان نەبو بوو لە بەر خزمایەتی نامەیەکی نوسی بۆ پێغەمبەرو هەموو شتێکی ئەو سوپایەی بۆ نوسیو بە پیاوێکی غەفاری دا بۆی ناردو پێی وت: کە لە ماوەی سێ ڕۆژدا بیگەیەنێت بە پێغەمبەرﷺ لەشکر گەیشتە چیای ئوحودو نامە بە پێغەمبەرﷺ گەیشت پێشەکی ویستی جارێ کەس نەزانێ چوە ماڵێ (سەعدی کوڕی رو بەیع)و ڕوداوەکەی بۆ باس کردو فەرموشی با جارێ کەس نەزانێت،

بەڵام ژنی سەعد زانیو کارەکە بە نهێنی نەمایەوە، پێغەمبەرﷺ ئەنەسو موئنیسی کوڕی فەزالەی نارد بۆ هەواڵ زانینی قورەیشیەکان بینیان وا نزیك بونەتەوەو وڵاخو حوشترەکانیان بەرەڵای ناو کشتوکاڵی مەدینە کرد وەو بە دوای ئەوانیشدا (حباب ی کوری مونزر)یشی نارد هەموو هاتنەوەو هەواڵیان دایە وەکو (عباس) نوسیبوی پێغەمبەرمان ﷺ کەوتە بیر کردنەوە هەر لەو کاتەدا سەلەی کوری سەلامە چوە دەرەوەی شارو دیتی وا خەریکە دێنە ناو شارو بە گورجی گەڕایەوەو هەواڵ بە مەدینەییەکان داو خەڵکی مەترسیەکی زۆریان پەیدا کردو موسوڵمانان شەو لە مزگەوتا بە چەکەوە دەمانەوەو کۆمەڵێکیش کە سەعدی کوڕی مەعازو ئوسەیدی کوڕی حوزەیرو سەعدی کوڕی عوبادەیان تێدا بوو بە چەکەوە بە شەو چاودێری پێغەمبەریان دەکردو لە سەر هەموو ڕێگای چونە ناو مەدینە چاودێریان داناو چەند کەسانێکیش دەگەڕان بە سەر ئەو ڕێگایانەدا کە دەگونجا لەو شوێنانەوە دوژمن بێتە ناو شارو پێغەمبەریش گەورە پیاوانو لێزانانی مەدینەی کۆ کردەوەو پرسو ڕای پێ کردنو خۆی ڕەئی وابوو کە بمێننەوە لە ناو شارداو پارێزگاری لە شار بکەنو زۆربەی پیاوە بە تەمەنو تەجرەبە دیوەکان ئەم بۆچونەیان بە لاوە چاك بوو سەرۆکی دووڕوەکان (عەبدوڵای کوڕی سلول) هەر ئەم ڕەئیەی بوو، بەڵام گەنجەکانو ئەوانەی کە لە شەڕی بەدرا نەبوون بە تایبەت پاڵەوانی بە جەرگ حەمزەی مامی پێغەمبەر کە وتی: سوێند بەو کەسەی کەوا ئەم کتێبەی ناردوە بۆ تۆ من هیچ خواردنێك ناخۆم هەتا بەم شمشێرەی خۆم لە دەرەوەی شار شەڕیان لە گەڵدا نەکەم. لێرەدا پێغەمبەرمان ﷺ کاتێ دی کەرەئی ئەوانەی کە شەڕی دەرەوەی شاریان بە لاوە چاکە زۆرترە، پەسەندی کردو فەرموی: من دەترسم لە شکانو کەوتەڕێ کە ڕۆژی هەینیو دەهەمی مانگ بوو خوتبەی جومعەی بۆ خوێندنەوەو وتارێکی جوا نو پڕ تامو پاڵ پێوە نەری فیداکاری ئاراستە کردنو داوای سەبرو ئارام گرتنی لێ کردنو پاش نوێژی عەسر چووە ماڵەوە بۆ ژووری خاتون عائیشەو خۆی گورج کردەوەو زرێی کردە بەرو شمشێری کردە ملو هاتەوە بۆ ناویانو فەرموی:
{سەردەکەون بە مەرجێ کەسەبرو ئارامتان ببێت}

بەڵام کاتێ کە پێغەمبەرﷺ چوو بۆ ماڵەوە ئەوانەی کە ڕەئیان لە سەر چونە دەرەوە نەبوو لۆمەی ئەوانی تریان کردو وتیان: بە خوا ئێو خۆتان دەزانن کە پێغەمبەرﷺ پێی خۆش بوو کە لە شاردا بمێنینەوە بەڵام ئێوە ناچارتان کرد بە دەرچون جا مادام ئەو ناڕازی بێت سەرناکەونو خراپتان کرد کە ڕەئیەکەی ئەوتان شکاند، ئێستەش ئێو ئیشەکە بخەنە دەست خۆیو گوێ ڕایەڵی بن با خۆی بڕیار بدات ئەوانیش دڵیان نەرم بوو لە سەرەنجامی کارەکە ترسانو پەشیمان بونەوە کە پێغەمبەر ﷺ هاتە دەرو زرێو شمشێری بەست بوو ئەو کۆمەڵە بەرەو رووی ڕۆینو پێیان وت: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئێمە نامانەوێ پێچەوانەی فرمانی تۆ بجولێینەوە تۆ خۆت چی بە باش دەزانیت وەها بکەو ئێمە گوێ ڕایەڵیت دەکەین ئیشەکە بە دەست خواو بە دەستی تۆیە پێغەمبەریشﷺ فەرموی:
{من وام وت لە پێشەوە ئێوە نەتان بیست تازە تێپەری، پێغەمبەر کە چەکی هەلگرت ئیتر بۆی ڕەوا نیە کەدایبنێت تا خوا فرمانی خۆی جێ بە جێ نەکات لە نێوان ئەوو دوژمنەکانی دا} ئینجا پێغەمبەر ﷺ لەشکرەکەی کرد بە سێ بەشەوە

١ـ بەشی کۆچکەرانو ئاڵاکەیانی دا بە مەسعەبی کوڕی عومەیر.

٢ـ بەشی ئەوسی لە یارمەتی دەرانو ئاڵاکەیانی دا بە ئوسەیدی کوڕی حوزەیر.

٢. بەشی خەزرەجی‌و ئالآكەیانی دا بە خەبابی كوڕی مونزیر ئەو لەشكرەش پێك هاتبوو لە هەزار جەنگاوەر كەسەد زرێیان پێ بوو هەروەها دوو ئەسپ كەیەكێكیان هی پێغەمبەر بوو، وە ئەوی تریان هی ئەبو بەردە بوو عەبدوڵای كوڕی ئوموومەكتومی دانا بۆ نوێژ كردن بۆ ئەوانەی كە لە مەدینە دا مانەوە ئینجا لەشكر بەرەو باكور كەوتە رێگاو هەردوو سەعدەكان لە پێش پێغەمبەر ﷺ وە بوون كە خۆیان تەتەر پێچ كردبوو لەو كاتەدا پێغەمبەرمانﷺ چاوی بە كۆمەڵێكی تر كەوت كە جوان خۆیان پێچاوەو لەم سێ كۆمەڵەش نین فەرمووی: ئەوانە كێن؟ وتیان: ئەوە جوولەكەكانی خەزرەجن‌و دەیانەوێت لەم شەڕەدا بەشداری بكەن پێغەمبەر فەرمووی: ئایا موسڵمان بوون؟ وتیان: نەخێر فەرمووی: {نابێ یارمەتی وەرگرین لە كافر دژی موشریك}و ئینجا گەیشتنە جێگایەك كە پێی دەوترا (شەیخان) سەردانێكی لەشكرەكەی كردو هەرچی مناڵ بوو هێزی شەڕ كردنی تیادا نەدیت گەڕاندیەوە لەوانە عەبدوڵای كوڕی عومەرو ئوسامەی كوڕی زەیدو زەیدی كوڕی سابیت‌و زەیدی كوڕی ئەرقەم‌و عەرابەی كوڕی ئەوس‌و عەمری كوڕی حەزم‌و ئەبو سەعیدی خدری‌و زەیدی كوڕی حاریسەی ئەنساری‌و سەعدی كوڕی حەببە. رێگای بە رافع ی كوڕی خەدیج‌و سەمورەی كوڕی جندب دا هەرچەند كە منداڵ بوون، چونكە رافع تیر ئەندازێكی چاك بوو سەمورەش وتی: من بە هێزترم لە رافع‌و دەتوانم ئەو بدەم بە زەوی دا كاتێ كە ئەو هەواڵە بە پێغەمبەر درا فەرمانی پێ دا كە لە بەر چاویدا زۆران بگرن زۆرانیان گرت سەمورە رافع ی خستە ژێر پێغەمبەرﷺ بەویش رێگای ئەو جەنگەی دا لە هەمان شوێن دا شەویان بە سەردا هات‌و نوێژی مەغریب‌و لە پاشدا عیشای كردوو پەنجا كەسی هەڵبژارد بۆ پاسەوانی لەشكرەكە بە سەرپەرستی (موحەممەدی كوڕی مەسلمە) ی ئەنساری‌و زەكەوانی كوڕی عەبدو قەیسیش سەرپەرشتی پاسەوانی پێغەمبەری گرتە ئەستۆ جا قورئان ئەم ئامادەكردنەی پێغەمبەرمان ﷺ بۆ باس دەكات‌و دەفەرموێ:

إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلَا وَٱللَّهُ وَلِيُّهُمَا ۗ وَعَلَى
ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٢٢﴾ وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ
أَذِلَّةٌ ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢٣﴾ إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ
أَلَن يَكْفِيَكُمْ أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم بِثَلَٰثَةِ ءَالَٰفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ
مُنزَلِينَ ﴿١٢٤﴾ بَلَىٰٓ ۚ إِن تَصْبِرُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِمْ
هَٰذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم بِخَمْسَةِ ءَالَٰفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُسَوِّمِينَ
﴿١٢٥﴾ وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِۦ ۗ وَمَا
ٱلنَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿١٢٦﴾ لِيَقْطَعَ طَرَفًا
مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنقَلِبُوا۟ خَآئِبِينَ ﴿١٢٧﴾ لَيْسَ لَكَ
مِنَ ٱلْأَمْرِ شَىْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَٰلِمُونَ
﴿١٢٨﴾ وَلِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ
وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ لَا تَأْكُلُوا۟ ٱلرِّبَوٰٓا۟ أَضْعَٰفًا مُّضَٰعَفَةً ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ
لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٣٠﴾ وَٱتَّقُوا۟ ٱلنَّارَ ٱلَّتِىٓ أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ
﴿١٣١﴾ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٣٢﴾

﴿١٢١﴾ ئەی محمد ﷺ باس بكە ئەو بەیانیەی كە لە ناو خاو خێزانی خۆتا بویت‌و خاوەن باوەڕانت ئامادە دەكرد بۆ جەنگ‌و رێك‌و پێكت دەكردن، وە خوا بیسەرە بە قسەی تۆو قسەی دوژمنانت‌و دەزانێت كام راست دەڵێن‌و لە سەر راستن‌و كام فڕو فیشاڵ دەكەن‌و لە سەر بەرنامەیەكی بەتاڵن. بۆ بەیانی كەمێ شەوی مابوو بەرەو دوژمن كەوتە رێگاو لە ناوچەی (شەوت) دا بوو نوێژی بەیانی كردوو زۆر نزیك بونەوە لە دوژمن لەو كاتەدا سەرۆكی منافقان (عبدالله) ی كوڕی ئۆبەی بە بەهانەی ئەوەوە كەكاتی پرس‌و راكە پێغەمبەر ﷺ بە گوێی نەكردوم سێ سەد جەنگاوەری لە گەل خۆیدا گەڕاندەوە بێ گومان ئەو مەبەستی ئەو بە گوێ نەكردنە نەبوو، چونكە ئەگەر وا بوو دەی بۆچی هات تا ئەو جێگایە بەڵكو مەبەستی ئەو لەو جێگادا لاواز كردنی روحییەی موسڵمانان بوو لەو لایشەوە ئەبو بە هۆی بە هێز كردنی دوژمنی داخ لە دڵ دژی پێغەمبەرﷺ بەڵێ ئەو موناففە لە پیلانەكەیدا هەندێ سوودی خۆی دەست كەوت ئەوە بوو دوو تیرەیش لە موسڵمانەكان خەریك بوو رابكەن‌و دوچاری سزای

قیامەتو شەرمەندەیی دنیا ببن بەڵام خوا راستیو دڵسۆزی ئەوانی دەزانی دڵ گەرمی کردنو لەو بۆ چونە پاراستنی وەك دەفەرموێ:

(١٢٢) باس بکە بۆیان ئەو کاتەی کە دوو تیرە لەخۆتان ویستیان رابکەنو مەیدانی جەنگ بە جێ بهێڵن لە ترسا وە خوا دۆستو یارمەتی دەری ئەوان بوو پاراستنی لەو نەنگیو سەرشۆڕیە، جا هەربەخوا پشت دەبەستن خاوەن باوەڕان. ئینجا بۆ ئەوەی بزانن بەرزیو نزمیو سەرکەوتنو ژێر کەوتن بە دەست خوایە دەفەرموێ:

(١٢٣) وەبە راستی خوا یارمەتی ئێوەی داو سەریخستن لە بەدردا لە گەڵ ئەوەشدا کە ئێوە کەم هێزو کەم دەست بوون ئەوسا لە خوا بترسن ئومێدە کە ئێوەش سوپاسی بکەن. واتە هەر چونێك لەوێدا بەو هێزە کەمەوە سەرم خستن بە سەر ئەو هێزە زۆرەدا ئەگەر لە خوا بترسنو سوپاسی نیعمەتی خوا بکەن هەر ئاوەها لێرەش سەرتان دەخەم. ئینجا دەفەرموێ:

(١٢٤) وەبیر بێنەوە ئەوکاتەی کەتۆ بە ئیماندارانت وت: ئایا بەس نیە بۆ ئێوە کەپەروەردگارتان بە سێ هەزار فریشتەی رەوانە کراو یارمەتی تان بدات؟.

(١٢٥) ئەرێ بێ گومان وایە کە خوای گەورە یارمەتی موسڵمانان دەداتو دێت بە هانایانەوە ئەگەر ئەوان خۆ بگرن لە بەرامبەر دوژمنەکانەوەو خۆشیان بپارێزن لە تاوان، واتە ئەم دوو مەرجە پێویستە لە سەر موسڵمانان ئینجا خوا دێت بە هانایانەوەو گوتوپڕ لە دژی ئەوان لەو کاتەدا پەروەردگارتان یارمەتی تان دەدات بە پێنج هەزار فریشتە کە ئەو فریشتانە دیاری کراونو بە تیرەکانیان دوژمنەکانی خودا دیاری دەکەن. ﴿مُسَوِّمِينَ﴾ بەسەرو بەژێری خوێندنەوی واوەکە دروستە. مانەکەیشمان هەر بەوتەرتیبەکردوە، بەڵێ فریشتەکان لە بەدردا هاتنو شەڕیشیان کرد، بەڵام لە هیچ شوێنێکی تردا شەڕیان نەکرد بەتایبەت لەم غەزایەدا ئەوەش لەبەرسێ هۆ یەکەم: موسڵمانان لێرە وەك بەدر خۆگر نەبوون. دووەهەم: هەندێکیان دەسکەوتی دنیاییان ویست. سێهەم:فرمانی پێغەمبەریان شکاند. خوالەهەموویان خۆش بێ.

(١٢٦) لەراستیدا ئەوفریشتانە دەوریان دووشت بو یەکەم: موژدەی راستیو دروستی رێبازەکەتانن کە ئیسلامە. دووهەم: وە تا دڵەکانتان ئارام بگرێتو بە دڵنیاییەوە شەڕ بکەنو لە ژمارەو هێزی دوژمن نەترسنو بزانن سەرکەوتن هەر بە دەست خوایە وەك دەفەرموێ: وە سەرکەوتن نیە مەگەر لە لایەن خواوە بێت واتە فریشتە ناتوانن ئێوە سەر بخەنو ئەبێ دڵی خۆتان بە خواوە ببەستنو خۆ بگرنو لەو بترسن بەڵکو خوا سەرکەوتننتان پێ ببەخشێت، چونکە خوا یە خاوەن دەسەڵاتەو دانایە لە ئیشەکانیدا. بەڵێ دوژمنانی خواو موسڵمانان هەرگیز ئامادە نین بێ دەنگ بژین لە گەڵ موسلمانانداو هەمیشە شەڕو کارەساتی دڵ تەزێنیان بۆ دروست دەکەن بۆیە خوایش فرمانی شەڕ دەداتو دەفەرموێ:

(١٢٧) تابەم غەزایە هێزێك لەو کافرانە ببچڕن یان کارێکیان پێ بکەن کە ترسێکی وا بخەنە ناو دڵیانەوە کە ئیتر نەتوانن لە بەرامبەرتانەوە رابوستنو ئارەزۆی شەڕو فیتنە ئەنگیزی بکەن تا ئیتر بگەڕێنەوە بە سەرشۆڕیو شەرمەزاری. بە داخەوە لەغەزای ئوحوددا لە بەر ئەوسێ هۆیەی کە باسمانکرد موسڵمانان دوچاری بەڵایەکی گەورەو گران بوونو حەفتا کەس لە موسڵمانان شەهید بوو کە حەمزەی مامی پێغەمبەرمان یەکێك بوو لەوانەو پێغەمبەرمان ﷺ بریندار بوو یەکێك لەددانە چوارینەکەی پێشەوەی شکاو تورە بووهەرەشەی تۆڵە سەندنەوەی کرد، جا خوا فەرموێ:

(١٢٨) لەم بارەیەوە تۆ هیچ شتێکت بۆ نیە یان تۆبەیان لێ قەبوڵ بکەیت یان سزایان بدەیت سا بە راستی ئەوان زوڵمیان کردوە لە خۆیان. واتە تۆ تەنها پێغەمبەرێکیو تەبلیغ دەکەی بە دەستی خۆمانە چی لەوانە بکەین.

(١٢٩) ئەوەی کە لە ئاسمانانو زەویدایە بە گیاندارو بێ گیانەوە هەمووی موڵکی خوایە. هەر خۆی دەزانێ کەچون رەفتاریان لە گەڵدا دەکات دەخوش دەبێت لەو کەسەی کە

ئارەزۆی لێیەو ڕێگای هیدایەت دەگرێت وە سزا دەدات ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێیەو ڕێگای خراپ دەگرێتو تاوان دەکات، خوای گەورە خوایەکی بە ڕەحم ومیهرەبانە بە تایبەت بەرامبەر بە ئینسانەکان. ئینجا خوای گەورە باسی سوخۆری ئەکات کە لە رواڵەتا هیچ پەیوەندیەکی بەم باسەوە نیە بەڵام لە راستی دا قورئان هەمو ئایەتەکانی تێهەڵکێشی یەکترن‌و پەیوەندی بە هێزیان هەیە بە یەکەوە ج ئێمە بزانین بەو پەیوەندیانە یان نەزانین، وە ئەو پەیوەندیانە کە هەیە لە نێوان ئایەتەکان دا یەك‌و دوان نیە جا دەگونجێ هەر زانایەك یەك یا دوو یان زیاتر لەو پەیوەندیانە باس بکات، وە زانایەکی تر هەر بەو چەشنە یەك‌و دوان زیاتر باس بکات‌و قسەکانیان لە یەك جیا بێت ئەمە بەڵگەی هەڵەو بۆچونی ئەم زاناو ئەو زانا نیە بەڵکو بەڵگەی بوونی چەندین پەیوەندیە لە نێوان ئایەتەکانی قورئان دا لەوانە:

١. هەمویان فەرمودەی خودان‌ودەبێ بە یەك چاو تەماشا بکرێن‌و جیاکردنەوەی بەشێکی لەبەشێکی تری تاوانە.

٢. ڕۆشن کردنەوەی ئایەتەکانی خودایە بۆ بەندەکانی.

٣. فرمانی خودایەو پێویستە جێ بەجێ بکرێت.

٤. بەرگری خودایەو ئەبێ خاوەن باوەڕان دوور بکەونەوە لەو شتانە کە باس دەکرێن ئەمانە شتانێکی گشتین‌و دەبنە هۆی پەیوەندی لە نێوان ئایەتەکانی قورئان دا وەهەندێ جاریش سەرەڕای ئەو پەیوەندیە گشتیانە پەیوەندی تایبەتیش هەیە جا ئەگەر پەیوەندییە تایبەتیەکەمان نەزانی کە بێگومان هەیە خۆ پەیوەندییە گشتیەکان هەیە کەواتە قورئان هیچی نیە کە پەیوەندی بە یەکەوە نەبێت کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم قورئانە قسەی خوایە ئەگینا دەبوو هەندێ دژی هەندێکی تری ببوایە وەکو لە سورەتی نیسا /٨٢ دا دەفەرموێ: ﴿ ئایا وورد نابنەوە لە قورئان بە راستی ئەگەر لە خواوە نەبوایە قسەی دژو پێچەوانەی زۆرتان تێدا بەدی دەکرد﴾

ئینجا دێینەوە سەر مەبەستی خۆمان‌و ئێرە کە پەیوەندی ئایەتی سوخۆری لەگەڵ ئایەتی جیهاد دا، ئاشکرایە کە لە پەیوەندیە گشتیەکاندا هاوبەشن کە هەمویان فەرمودەی خودان و بڕیاری ئەو زاتەیەو پێویستە ئەنجام بدرێن وە لە پەیوەندیە تایبەتیەکانیش

١. سوخۆر بە ماڵی خۆی رازی نیە بەڵکو دەیەوێت خوێنی خەڵکیش بمژێت بۆ خۆی ئەوەندە پیسکەو ماڵ خۆشەویستە جا کەسێ کە ئامادە نیە ماڵ بدات لە ڕێگای خوادا چۆن گیانی فیدای خودا دەکات؟

٢. سەرکەوتنی موسڵمانان بەستراوە بە دوو شتەوە یەکەم خۆگری لە بەرامبەر دوژمنەوە دوهەم: ترسان لە خواو خۆپاراستن لە تاوان دەی سوخۆری تاوانێکی زۆر گەورەیەو موسڵمانی راست‌و دروست نابێ بیخوات، چونکە بێجگە لە تاوانەکەی خۆی دەبێ بە هۆی شکستیش لە جیهاد دا، چونکە سوخۆری بانگەوازی شەڕ کردنە لە گەڵ خوادا وەك لەسورەتی بەقەرە ئایەتی (٢٧٨_٢٧٩) دا فەرموی:﴿ لە خوا بترسن ئەی خاوەن باوەڕان‌و واز بێنن لە سوخۆری ئەگەر باوەڕ دارن جا ئەگەر وازتان نەهێنا دەی بانگەوازی شەڕ بکەن دژی خواو پێغەمبەرەکەی﴾

دەی کەسێك شەڕی خواوپێغەمبەر بکات غەزا دەکات بۆ خوا؟ جا دەفەرموێ:

(١٣٠) ئەی ئیمانداران هەرگیز سوو نەخۆن بە چەند قات کردنەوە ولە خوا بترسن بەڵکو ئێوە رزگار ببن. مانای وانیە ئەگەرچەند بەرامبەر نەبوو حەرام نیە بەڵکو درهەمێکیش بێت هەر حەرامەو تاوانە بەڵام زۆربەی چەند بەرامبەر دەبێتەوە بۆیە لێرەوای فەرموە ئینجا دەفەرموێ:

(١٣١) خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی کە ئامادە کراوە بۆ کافران واتە سوخۆری کابرا دەباتە ریزی کافرانەوە. ئینجا دەفەرموێ:

(١٣٢) گوێ رایەڵی خواو پێغەمبەرﷺ بن‌و فرمانەکانی جێ بە جێ بکەن تا خوای گەورە رەحمتان پێ بکات. واتە ئەو شتەی کە ئەبێتە هۆی رەحم‌و سۆزی خوا بریتیە لە پەیرەوی کردنی خواو پێغەمبەر ﷺ. ئینجا خوای گەورە بەرەو خۆشبەختی‌و کامەرانی بانگمان دەکات‌و دەفەرموێ:

۞ وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا
ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿١٣٣﴾ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ
فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ
عَنِ ٱلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٣٤﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَا
فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوۡ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ
لِذُنُوبِهِمۡ وَمَن يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمۡ يُصِرُّواْ عَلَىٰ
مَا فَعَلُواْ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿١٣٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغۡفِرَةٞ
مِّن رَّبِّهِمۡ وَجَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ
فِيهَاۚ وَنِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ﴿١٣٦﴾ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِكُمۡ سُنَنٞ
فَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ
﴿١٣٧﴾ هَٰذَا بَيَانٞ لِّلنَّاسِ وَهُدٗى وَمَوۡعِظَةٞ لِّلۡمُتَّقِينَ ﴿١٣٨﴾
وَلَا تَهِنُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ
﴿١٣٩﴾ إِن يَمۡسَسۡكُمۡ قَرۡحٞ فَقَدۡ مَسَّ ٱلۡقَوۡمَ قَرۡحٞ مِّثۡلُهُۥۚ
وَتِلۡكَ ٱلۡأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيۡنَ ٱلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمۡ شُهَدَآءَۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٤٠﴾

(١٣٣) دەی پەلە بکەن بۆ لێ خۆشبون لە لایەنی پەروەردگارتانەوە کە ئەویش بە کردارو وتاری چاك دەبێت، وە بۆ بەهەشتێك کە پانایيەکەی بە ئەندازەی ئاسمانانو زەويە کە ئەمە ئامادە کراوە بۆ پەرهێزکاران. هەروەك فەرموی: خۆتان بپارێزن لە ئاگرێ کە ئامادەکراوە بۆکافران. ئەمەش بەلگەيە لە سەر ئەوەی کە بهەشتو جهەنم دروست کراون وە ئامادە کراون. وە باغەکانی بهەشت بە وتنی:(سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ) سەوز دەبێت وەك پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {لَقِيتُ إِبْرَاهِيمَ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِي فَقَالَ يَا مُحَمَّدُ أَقْرِئْ أُمَّتَكَ مِنِّي السَّلَامَ وَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ الْجَنَّةَ طَيِّبَةُ التُّرْبَةِ عَذْبَةُ الْمَاءِ وَأَنَّهَا قِيعَانٌ وَأَنَّ غِرَاسَهَا سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ/ الترمذی، حسنه الالباني/ شەوی ئیسرا گەیشتم بە ئیبراهیم عليه السلام وتی ئەی محمد لەمنەوەسەلام بکە لەئومەتەکەتو پێیان راگەیەنە کە بێگومان بهەشت خاکەکەی پاکەوئاوەکەی شیرینەو بێشك کەدەشتێکی کاکی بەکاکییەو بێگومان کە درەختە رواوەکانی ئەوزیکرانەيە (سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ)} ئینجا خوا باسی ئەو موتەقیانە دەکاتو دەفەرموێ:

(١٣٤) ئەوکەسانەن کە لە حاڵەتی خۆشیو نەخۆشیداو دەسەڵاتو کەم دەسەڵاتی دا هەر کەس بە گوێرەی خۆی دەبەخشێتو رقی خۆیان دەخۆنەوە کاتێك رقیان هەڵدەستێت چونکە رق هەستان لە شەیتانەوەيەو پێویستە خاوەن باوەڕان رقی خۆیان بخۆنەوە، وە ئەوکەسانەن کە خەڵکی عەفو دەکەن وچاوپۆشی لەهەڵەکانیان دەکەن کەئەمانە چاکە کارنو خوایش چاکە کارانی خۆش دەوێت. ئەو کەسەی کە چاکە کارە کەسێکە کە ماڵی خۆی لە رێگای خوادا لە هەمو حاڵەتێکدا بەگوێرەی توانای دەبەخشێتو رقی خۆی دەخواتەوەو خەڵکی عەفو دەکات لە بەر خاتری خوای گەرە دیارە ئەو کابرایە خوای خۆی بەچاکی دەناسێتو پێی وایە کەهەمیشە خوا دەیبینێت کەوابوو ئەو کابرایە بوە بە چاکە کار. ئەبو هورەیرە دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی:{لَيْسَ الشَّدِيدُ بِالصُّرَعَةِ إِنَّمَا الشَّدِيدُ الَّذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الْغَضَبِ/ متفق علیه/بە هێز ئەو کەسە نیە کە خەڵکی بەزۆران بازی بدات بە زەویدا بەڵکو بە هێز ئەو کەسەیە کە خۆی بگرێت لە کاتی رق هەستان دا} پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ وَمَا زَادَ اللَّهُ عَبْدًا بِعَفْوٍ إِلَّا عِزًّا وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلَّهِ إِلَّا رَفَعَهُ اللَّهُ/ مسلم وغیره/ سێ شت هەیە سوێندیان لە سەر دەخۆم کەوایە یەکەم: هیچ ماڵێك بە چاکە کردن کەم نابێتەوەو خودا هیچ لەبەندەیەکی زیاد ناکات کە چاوپۆشی لە خەڵك بکاتو رقو قینی خۆی بخواتەوە مەگەر زیاتر بە هێزتری بکات، وە هەر کەسێك بۆ خوا خۆی نزم بکاتەوە خودا بەرزی دەکاتەوە}

خوای گەورە لەم ئایەتانەی پێشودا چەند جار وشەی تەقوای دوبارە کردەوە تەقوا ئەويە وەك کابرایەك کە بە ناو دڕكو داڵدا بچێت چۆن دەبێت وریای خۆی بێتو بزانێ چۆن قاچ هەڵدەگرێتو چۆن دایدەنێت تا دڕكو داڵ لێی نەدات ئەبێ ئاوەها بێت هەمیشە ئاگای لە خۆی بێت کە دوچاری تاوان نەبێت، جا هەرکەسێ ئاوەها بوو پێی دەوترێت (موتەقی). اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالتُّقَى وَالْعَفَافَ

وَالْغِنَى، ئامین. ئەمە تا ئێرە سێ سیفەتی پەرهیزکاری بۆ باس کردین وا ئێستە سێ سیفەتی ترمان بۆ باس دەکات، یەکەم: ئەگەر گوناه بکەن یادی خوا دەکەن. دوهەم: ئەگەر ستەم لە خۆیان بکەن یادی خوا دەکەن. سێهەم: دەوام لە سەر تاوان ناکەن وەك دەفەرموێ:

(١٣٥) وەپەرهیزکار ئەو کەسانەن کە ئەگەر ئیشێکی خراپەیان کرد یان ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد خوایان دەکەوێتە بیرو دەزانن کە خراپەیان کردوە جا داوای لێخۆشبون دەکەن بۆ گوناهەکانیانو دانیان بە هەڵەی خۆیاندا دەنێن، وە کێ هەیە لە گوناح خۆش ببێت بێجگە لە خوا؟ وە ئەوانە نەچون لە سەر ئەو ئیشە خراپە بەردەوامبنو ئەوان دەیانزانی کە خراپە کێڵنو باوەڕیان بو جا لە ترسی سزای خوا گەڕانەوە.

(١٣٦) پاداشتی ئەوانە لێخۆش بوونە لە لایەن خوای خۆیانەوەو چەندین باخچەیە کە لە ژێریاندا چەندین جۆگە دەڕواتو بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە، بە ڕاستی چاکترین پاداشتە پاداشتی ئەو کرێکارانە. دەی حەق وایە کە ئینسان زەحمەت بۆ ئەوێ بکێشێتو هەوڵ بۆ ئەو جێگایە بدات کە ئەو پاداشتە گەورەیەی تێدا یەو بۆی ئامادە کراوە. ئینجا خوای گەورەو دانا دڵخۆشی ئەو موسڵمانانە دەکات کە لە جەنگی ئوحود دا توشی ئەو کارەساتە دڵ تەزێنە بوونو دەفەرموێ:

(١٣٧) لە پێش ئێوەدا چەندین ڕەووشت ڕۆیشتووە ئەوەی کە چاك بوەو بە گوێی پێغەمبەرانی کردوە سەرکەتوو بوون لە دنیاو قیامەتدا هەرچەندە زیانیان پێ گەیشتبێت لە لایەن خوا نەناسانەوە، وەئەوانەی کە خراپ بوون سەرەنجامیان فەوتاندنو ڕوخاندن بوە، وە لە ڕۆژی دوایشدا سزایان بۆ ئامادە کراوە جا پێویستە ئێوەش خۆبگرن،دەی ئێوەش بگەڕێن بە سەر زەویداو جوان ورد ببنەوە لە گەلانی پێشوو ئەوسا تەماشاکەنو بزانن دوا ڕۆژی ئەو کەسانەی کە بێ باوەڕ بوون چی بوو. کەواتە ئێوەش ئاگاتان لە خۆتان بێتو بێ باوەڕی نەکەن بە پیشەی خۆتان، چونکە هەمان ڕەووشت دووبارە دەبێتەوە. بەداخەوە ئەمڕۆ ئێمە تەماشا دەکەین کاتێ کە ئینسانێکی چاكو چاکەکار بانگی خەڵك دەکات و دەیەوێت کە ئەو خەڵکە لە گوناحو تاوان بگەڕێنێتەوە لە باتی سوپاسو پێ زانین بێ باوەڕو نەزانەکان ئەوەندە بە توندی بەر بەرەکانێ دەکەن کە پیاو چاکەکان ناتوانن ئیسلاحی خەڵك بکەن لە هەمو سەخت تر ئەوەیە کە ئەمانە خۆیان پێ پیاو چاكو بەرژەوەندی ویستو موسڵمانان بە تۆقێنەرو پیاوکوژو خراپە کار ناودەبەن هەروەك چۆن لە سورەتی بەقەرە /١١_١٢ دا باسی کردنو فەرموی:﴿هەرکاتێك بەوان بوترێت کەخراپە مەکەن لەوڵاتدا دەڵێن: هەرئێمەین چاکە خواز ، خوا دەفەرموێ: ئاگاداربن هەر ئەوانن خراپەکار بەڵام بەخۆیان نازانن﴾

بە ڕاستی بە بۆنەی ئەو تاوانبارو ستەم کارانەوە کۆمەڵگا هەموی دوچاری خراپە دەبێتو هەمو وەزعی لێ تێك دەچێتو شیرازەی ژیان دەبچڕێت. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: دەبرۆنو ئەنجامی ئەوانە تەماشە بکەنو بزانن چیان بە سەر هاتوە؟ لەکوێی مێژودا بیستوتانە کەوا کەسانێك کە دژایەتی پیاو چاکانیان کردبێت وژیانێکی چاکیان بردبێتەسەر؟ بەڵکو هەمیشە تێشکاونو لە بەین چوون، دەی دەبێ بۆ خەڵکی ستەمکاری ئەم سەردەمە ئەورەفتارە ناپەسندانەی ئەوان دووبارە بکەنەوە؟! ئەوەتە خوای گەورە دەفەرموێ:

(١٣٨) ئەم قورئانە ڕێڕونکەرەوەیە بۆ خەڵك بۆ ئەوەی خەڵك ڕێگای ڕاستەقینە بدۆزێتەوەو بە ڕێگای بەختەوەری خۆی بزانێت و هیچ بەهانەیەکی نەمێنێتەوە بۆ دوا ڕۆژو بزانن کە ئەم قورئانە ڕێ پیشاندەرو ئامۆژگاری کەرە بۆ پەرهیزکاران. لەراستیدا قورئان ئاموژگاری کەرو ڕێ پیشاندەرە بۆ هەمو کەس، بەڵام چونکە تەنها پەرهیزکاران سودی لێ وەردەگرن بۆیەوای فەرمو. ئینجا خوا دڵخۆشی موسڵمانان دەکاتو دەفەرموێ:

(١٣٩) هەرگیز لاوازو سست نەبنو خەم مەخۆن، وەهەر ئێوەن سەرکەوتو ئەگەر باوەڕداربن. پێغەمبەرمانﷺ وەهنی بۆ مانا کردوین دەفەرموێ:{الوَهَنُ حُبُ الدُنيَا وَكَرَاهِيةُ المَوت/ رواه ابوداود وصححة الالباني/ئەمەیە کە ئینسان دنیای خۆش بوێتو بترسێت لە مردن} واتە ئەگەر خۆتان

وَلِيُمَحِّصَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَيَمۡحَقَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٤١﴾ أَمۡ
حَسِبۡتُمۡ أَن تَدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ وَلَمَّا يَعۡلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ
مِنكُمۡ وَيَعۡلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٤٢﴾ وَلَقَدۡ كُنتُمۡ تَمَنَّوۡنَ ٱلۡمَوۡتَ مِن
قَبۡلِ أَن تَلۡقَوۡهُ فَقَدۡ رَأَيۡتُمُوهُ وَأَنتُمۡ تَنظُرُونَ ﴿١٤٣﴾ وَمَا مُحَمَّدٌ
إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوۡ قُتِلَ
ٱنقَلَبۡتُمۡ عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِكُمۡۚ وَمَن يَنقَلِبۡ عَلَىٰ عَقِبَيۡهِ فَلَن يَضُرَّ
ٱللَّهَ شَيۡـٔٗاۗ وَسَيَجۡزِي ٱللَّهُ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾ وَمَا كَانَ
لِنَفۡسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِ كِتَٰبٗا مُّؤَجَّلٗاۗ وَمَن يُرِدۡ
ثَوَابَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَن يُرِدۡ ثَوَابَ ٱلۡأٓخِرَةِ نُؤۡتِهِۦ
مِنۡهَاۚ وَسَنَجۡزِي ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٥﴾ وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيّٖ قَٰتَلَ مَعَهُۥ
رِبِّيُّونَ كَثِيرٞ فَمَا وَهَنُواْ لِمَآ أَصَابَهُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَمَا ضَعُفُواْ
وَمَا ٱسۡتَكَانُواْۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٤٦﴾ وَمَا كَانَ قَوۡلَهُمۡ
إِلَّآ أَن قَالُواْ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسۡرَافَنَا فِيٓ أَمۡرِنَا وَثَبِّتۡ
أَقۡدَامَنَا وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٤٧﴾ فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ
ثَوَابَ ٱلدُّنۡيَا وَحُسۡنَ ثَوَابِ ٱلۡأٓخِرَةِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٤٨﴾

نەدۆڕێنن بە پاشگەزبوونەوەو ترسان لە مردنو خۆشەویستی دنیا دڵنیا بن کە ئێوە سەر دەکەونو دەیبەنەوە ئەمەش بەو مانا نیە کە موسڵمانان دوچاری هیچ سەختیەك نابن، بەڵکو دەفەرموێ:

﴿١٤٠﴾ ئەگەر ئێوە دوچاری برینو ناڕاحەتی دەبن خۆئەو گەلە کافرەش هەر وەکو ئێوە دوچاری دەبێت. بۆ ئەو ناترسێتو دێتە پێشەوەو بۆ دنیا خۆیان توشی بەڵاو کوشتن دەکەن؟ ئێوە بۆ پارێزگاری کردن لە حەقو راستیو ئەگەر کوژران دەگەن بە بەهەشتێکی هەتا هەتایی بۆ دەبێ لاوازو سست بن؟! وە ئەوە رۆژگارانێکەو ئێمە دەی چەرخێنین لە نێوان خەڵکدا. هەر رۆژێك بە لایەکی دەدەین وە هەندێك جار بە کافران، بۆ؟ لە بەر ئەم مەبەستانە:

یەکەم ـ ئەگەر ئەمە نەبێت تاقی ناکرێتەوە، چونکە ئەگەر موسڵمان هەمیشە سەرکەوێت هەمو خەڵك دێتە رێزی موسڵمانانەوە وخۆی بە موسڵمان پێشان دەدات، دەبێ هەندێ جار موسڵمان شکەست بخۆن هەتاکو ئەوانەی گەندەڵو پیسو بت پەرەستن دەرکەونو لە کۆمەڵی موسڵمانان دەرچنو ئەو کۆمەڵە پاك ببێتەوە.

دووهەم ـ هەتاکو لە ناو ئێوە شایەتی لە راستیو دروستی موسڵمانان وەرگرێتو ئەو پلە بەرزە بدرێت بە هەندێ لە موسڵمانان ، وە تا بەو جیهادە پیاوانی ئازاو لێهاتوو مشوور خۆری راستەقینەی ئەم دینە دەرخات بۆ خەڵكو خەڵك دان بە ئازاییو لێهاتوییو دڵسۆزی ئەودابنێن ونیشانەی شیاوی بدرێتێ ، وە هەر بەو جیهادە مونافقو ترسنۆكو هەلپەرستان دەناسرێن وەکو لە پێشەوە وتمان، ئەمەش یەکێکە لە تاقیکارییەکانی خوای خاوەن دەسەڵات بۆ خەڵك تا بزانرێت کێ لەو تاقیکاریە دەردەچێتو کێش دەبەزێت؟ ئەگینا شکست خواردنی موسڵمانان بەڵگەی راستیو دروستی رێبازی بێ باوەڕو ستەمکاران نیە ئەوەتە خوای گەورە دەفەرموێ: خۆ خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت. جا ئەگەر هەندێ جار سەریان دەخات تەنها بۆ ئەو مەبەستەیەو بۆ ئەوەیە زیاتر ستەمکاران لە خۆبایی بکات تا چاکتر ملیان بشکێنێت وەکو لە هەمان سورەت ئایەتی (١٧٦_١٧٩) دا ئەم مەبەستە بە جوانی روون ئەکاتەوە. بەڵێ خوا ئەو جۆرە شکستانە بە سەر موسڵمانان دا دێنێت تا دەرکەون خاوەن باوەڕانی راستو شەهیدان.

﴿١٤١﴾ سێهەم ـ وە دەیەوێت موسڵمانان پاك کاتەوەو هەرچی گەندەڵیان تێدایە لاچێت تەنها موسڵمانە خاوێنەکان بمێننەوە، بۆ نمونە کابرای زەڕەنگەر رقی لەو زێڕە نیە کاتێ کە دەیخاتە ناو ئاگرو دەیتاوێنێتەوە بەڵکو زۆر خۆشی دەوێتو دەیەوێت هیچ شتێکی خراپی لە گەڵدا نەمێنێتو زێڕێکی پاڵفتە بێت.

چوارەم ـ وە بەو شێوەیەش کافران مەحوو دەکاتەوەودەیان توێنێتەوە، جا ئەگەر ئەو شەڕو بەزمو هەرایە نەبێت ئەوان لە بەین ناچن چونکە لە ناو ئەوانیشدا زۆر کەسی هەلپەرست هەیەو هاتوەو رێزی ئەوانی زۆر کردووە، بەڵام کە دیتی شەڕ دەکەن و شکەست دەخۆن ئەوانەش لێیان جیا دەبنەوەو کەمێك دەمێننەوە کە دژایەتیو شەڕ لە گەل موسڵمانان دا بکەنو لە ئاکامدا بە تەواوی شکست دەخۆنو لە بەین دەچن، بەڵێ ئەم

شکستو سەرکەوتنە هەردەم بۆ لایەنێکە بۆ ئەم چوار مەبەستەوشتانی تریش کەهەرخواخۆی دەیزانێت واتە موسڵمان هەر هەوڵدانی لە سەرە ئیتر چی رودەدات بە دەست ئەو نیە، ئینجا خوا دەفەرموێ: بە ئیمانداران ئەی ئێوە داوای بەهشت ناکەن؟ دەی چاوەڕێی بەهشت هەر ئاوەها بە خۆڕاییو بێ رەحمەتە؟ وەکو دەفەرموێ:

١٤٢ ئایا ئێوە گومان دەکەن کە هەرئاوەهابەبێ رەحمەت بچنە ناو بەهەشتەوە کە هێشتا دەرنەکەوتبێت زانینەکەی خودا بەوانەی کە جیهاد دەکەن لە ئێوە؟وە هەتا دەرکەوێت کە کامانەن خۆگران تا ئەم زانینەی خودا دەرنەکەوێت لە دنیادا نابێ چاوەڕوانی بەهەشت بکەن خوای گەورە بەر لە دروست بوونی مەخلوقات دەزانێت هەر کەس چی دەکاتو چۆن دەبێت جانەگەر دروستی نەکردنایەو بەو زانینەی خۆی لە گەل مەخلوقاتی دا حیسابی بکردایە گلەیی لە خودا دەکرا لە بەر ئەوە دروستی کردینو رێگای پێشان داینو خۆمانی کرد بە سەرپشك بۆ هەڵبژاردنی راستو هەڵەو ئەم تاقیکردنەوانەی دانا تا ئەو زانینە شاراوەی خوا دەرکەوێت لە دنیاداو خودا لە سەر ئەوەی کە لە دنیادا دەیکەن حیسابیان لە گەل دا بکات، مەبەست ئەوەیە نابێ وا بیر بکەیتەوە کە خوا نازانێت بۆیە تاقیمان دەکاتەوە تا بزانێت کێ موجاهیدەو خۆگرەو کێ بێ باوەڕەو ترسنۆك، هەروەکو لەفەرموودەیەك دا کەئیمامی موسلم ریوایەتی کردوە هاتوە کەپیغەمبەرﷺ دەفەرموێ پەنجا هەزار ساڵ پێش لە دروستبونی ئاسمانانو زەوی خودا هەر شتێك کە دەبێت نوسیویەتی وجارێکی تر شتێك زیادو کەم ناکات.

١٤٣ بە راستی ئێوە ئاواتی مەرگتان دەخواستو ئەتان وت: ئای کەی جیهاد بێت وبە شەهیدی بمرین زۆر جار داوای شەهادەتتان دەکرد پێش ئەوەی پێی بگەن بە راستی ئەوە گەیشتن بە ئاواتی خۆتان دەی جیهاد بکەنو خۆتان بگرن ئەوەتە خۆتان بە چاوی خۆتان مەرگ دەبینןو هەستی مەرگ دەکەن لەو شەڕە شیرو تیرەدا جاخۆتان بگرن، وە نەدەبوو خۆتان کەنار بدایە دیارە ئەمە سەرزەنشتێکە بۆ ئەو موسڵمانانەی کە لە ئوحودا پاش شکست رایان کردو زۆر پەشۆکان بە تایبەتی دوای ئەوەی کە شەیتان جاڕی دا کە پێغەمبەر ﷺ کوژراوە، جا خوا تەمیەی موسڵمانان دەکاتو تێیان دەگەیەنێت کە دەبێ ئێوە بزانن شەر بۆچی دەکەن، ئێوە شەڕ بۆ دامەزراندنی فرمانی خوا دەکەنو خودا بەرنامەی ناردوە بۆ ئێوەو پێغەمبەر ﷺ گەیەنەری ئەو بەرنامەیەو نابێ بە نەمانی ئەو واز لەو بەرنامەیە بهێننو دەبێ ئێوە خۆتان بناسنو بزانن خەریکی چین ئەوەتە دەفەرموێ:

١٤٤ وە محمدیش جگە لەوەی کە پێغەمبەرێکەﷺ وەکو پێغەمبەرانی پێش خۆی شتێکی تر نیەو نابێ گومانی خراپ ببەن جائایا ئەگەر ئەو بمرێت یان بکوژرێت ئێوە پاشگەز دەبنەوە؟ وە ئەو کەسەی کە پاشگەز ببێتەوەو کافر ببێت با بزانێت کە هیچ زیانێك لە خوا نادات بەڵکو خۆی زیان دەکات، وە بەم زوانە خوا پاداشتی ئەو کەسانە دەداتەوە کە شوکری خوا دەکەنو پەیڕەوی لەپێغەمبەر ﷺ دەکەن چ زیندو بێت چ مردو.

١٤٥ هیچ نەفسێك نامرێت مەگەر خودا ماوەی پێ بدات کەئەوە نوسراوێکی دواخراوە تا کاتی خۆی نەیەت نایەتە پێشەوەو ئەنجام نادرێت کەوا بوو بۆ رادەکەنو بۆچی دەترسن؟ وە هەر کەسێك پاداشتی دنیای دەوێت پێی دەدەینو هەر کەسێکیش پاداشتی قیامەتی دەوێت پێی دەدەین ئێمە زوڵم لە هیچ کەسێك ناکەینو بەم زوانە پاداشتی سوپاس گوزاران دەدەینەوە بە گوێرەی سوپاسو کردارەکانی. پێویستە ئەوەش بزانن مەرج نیە هەرکەسێك بۆ دنیا هەوڵ بدات دنیای دەست کەوێت، چونکە ئەگەر لێرەدا بە گشتی وای فەرموە بەڵام ئەوەتە لە سورەتی الاسرا ئایەتی /١٨ ئەم حوکمە تایبەت دەکاتو دەفەرموێ:﴿هەرکەسێك کە ئەم ژیانەی دەوێت ئێمە بەو کەسەی کەدەمانەوێت دەیبەخشین بەپێی ئەوەی کە ئارەزۆمان لێ بێت﴾
ئینجا بۆمان باس دەکات کە تەنها ئێوە نەبون کەدوچاری تاقیکاریو شەڕی دوژمنان هاتبن.

١٤٦ وە زۆر لە پێغەمبەران بون کە خوا پەرستانێکی زۆر لە گەلیان بوون و شەڕیان کردوە لە دژی کافرانو بێ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
يَرُدُّوكُمۡ عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِكُمۡ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾
بَلِ ٱللَّهُ مَوۡلَىٰكُمۡۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلنَّٰصِرِينَ ﴿١٥٠﴾ سَنُلۡقِي
فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلرُّعۡبَ بِمَآ أَشۡرَكُواْ بِٱللَّهِ
مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ سُلۡطَٰنٗاۖ وَمَأۡوَىٰهُمُ ٱلنَّارُۚ وَبِئۡسَ
مَثۡوَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٥١﴾ وَلَقَدۡ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ
وَعۡدَهُۥٓ إِذۡ تَحُسُّونَهُم بِإِذۡنِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلۡتُمۡ
وَتَنَٰزَعۡتُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ وَعَصَيۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ مَآ أَرَىٰكُم
مَّا تُحِبُّونَۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنۡيَا وَمِنكُم
مَّن يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۚ ثُمَّ صَرَفَكُمۡ عَنۡهُمۡ لِيَبۡتَلِيَكُمۡۖ
وَلَقَدۡ عَفَا عَنكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ
﴿١٥٢﴾ ۞ إِذۡ تُصۡعِدُونَ وَلَا تَلۡوُۥنَ عَلَىٰٓ أَحَدٖ
وَٱلرَّسُولُ يَدۡعُوكُمۡ فِيٓ أُخۡرَىٰكُمۡ فَأَثَٰبَكُمۡ
غَمَّۢا بِغَمّٖ لِّكَيۡلَا تَحۡزَنُواْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمۡ
وَلَا مَآ أَصَٰبَكُمۡۗ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٥٣﴾

باوەڕان‌و شەهید کراون‌و بریندار بوون کەچی ئەوان هەرگیز چۆکیان دانەداوەو لاوازی روی تیّ نەکردون بەم شێوەیە واز لە ئایین بهێنن‌و خەریکی دنیا پەرەستی ببن‌و حەز بە مردن نەکەن لە رێگای خواداو هەرگیز لاواز نەبوون کەواز لە جیهاد بهێنن ئەگەر چەند کەسێکیان لێ شەهید دەبوو هەوڵیان داوە کە جێگەیان پڕ بکەنەوەو هەرگیز گەردن کەچ نەبوون بۆ دوژمن و خۆیان نەداوە بە دەستی دوژمنەوە تەنانەت زۆر جاریش بووە کە پێغەمبەران کوژراون، بەڵام پەیڕەوانیان وازیان لە رێبازەکانیان نەهێناوەو تەسلیمی دوژمن نەبوون دەی ئەی ئۆممەتی محمد ﷺ وە ئەی پەیڕەوانی پێغەمبەری خوا بۆ دەبێ ئێوە بە بێ هێزو لاواز خۆتان پیشان بدەن‌و خۆتان تەسلیمی دژمنانی ئاینەکەتان بکەن پێتان وایە کە ئەوان دۆستن بۆ ئێوە بە راستی ئەوان هەرگیز دۆستی ئێوە نین‌و راستتان لە گەڵدا ناکەن، بەڵکو پێویستە خۆ بگرن وەکو ئەو خوا ناسانە تا خوا یارمەتی ئێوەش بداتو ئێوەشی خۆش بوێت وەك دەفەرموێ: وە خوای گەورە مرۆڤی خۆگری خۆش دەوێت ئەو کەسەی کەوا شەڕ دەکات لە بەر خاتری خواو وەهن روی تێ ناکاتو خۆی نادات بە دەست دوژمنەوەو خۆی لە جیهاد ناشارێتەوە ئەوە خۆگرەو خوداش ئەوی خۆش دەوێت.

وشەی ﴿ رِبِّيُّونَ ﴾ بە مانای خوا پەرستان لێکماندایەوە هەندێ دەڵێن: واتە پەیڕەوان‌و ژێر دەستە کەهەردوو هەر یەك دەگرێتەوە، چونکە بێ گومان پەیڕەوانی ئەو پێغەمبەرانە خوا پەرست بوون. جا پاش ئەوەی کرداری ئەوانی بۆ باس کردین، ئینجا هەندێ لە وتەکانی ئەوانیشمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

﴿١٤٧﴾ قسەی ئەوان بێجگە لەوەی کە دەیان وت: ئەی پەروەردگارمان سەرمان بخە بە سەر دوژمنانی دەرونی خۆمانداو لەگوناه وزیادە رەوییەکانمان خۆش ببە، وە خوایە پێمان بە هێزکەو توانای وامان پێ ببەخشە کەخۆگربین لە سەر ئاینەکەتو یارمەتیمان بدەیتو سەرمان بخەیت بە سەر گەلی کافراندا. هەر یەکێك بۆ خۆی داوای ئەکرد، چونکە ئەیزانی کە بە باوەڕو راستی نەبێت خوا یارمەتی نادات ئەگەر چی رێگای خۆیان بە رێگایەکی چاك دەزانن، بەڵام دەترسن کە بەو شێوەیە نەبێت کە خوا داوای دەکات بۆیە زۆر دەترسن وئا بەو شێوەیە دەپاڕێنەوەلە خوا. جێگای داخە ئەمڕۆ هەر کەسێك لە ئێمە نەختێك کە لە دین شارەزابوو ئەگەر پێی بڵێیت گوناهباری ئەوەندە خۆی پێ گەورەیە زۆر زو نارەحەتو تورە دەبێت دەڵێت: چۆن بە من دەڵێیت گوناهباریت؟.

﴿١٤٨﴾ جائەو کۆمەڵەی کە ئاوەها کرداریان دەکردو ئاوایان دەوت بە زار خوای گەورە پاداشتی چاکی پێ دانەوە، بە چی؟ بە پاداشتی دنیا، کە سەرکەوتن بە سەر دوژمنەکانیانداو بە پاداشتێکی جوانی قیامەتیش چونکە ئەمانە چاکەکار بون‌و خوای گەورەش مرۆڤی چاکەکاری خۆش دەوێت. بەم شێوەیە خوا موسڵمانان تەمێ دەکاتو رایان دەهێنێت لە سەر پەرهیزکاریو خۆگرتن‌و لۆمەیان دەکات کە بۆچی پێغەمبەرتان بە جێ هێشت تا جارێکی تر شتی وانەکەن داوایان لێ دەکاتو دەفەرموێ:

﴿١٤٩﴾ ئەی خاوەن باوەڕان ئەگەر ئێوە بە گوێی مونافق وکافران‌و بێ باوەڕان بکەن ئەوان کافرتان دەکەنەوە ئیتر

ئەو کاتە ئێوە دەبن بە مرۆڤێکی زیان لێکەوتو ڕەنجەڕۆ واتە دەبێئاگاتان لە خۆتان بێت کە نزیکی شتێ مەکەونەوە کەبۆنی خوانەناسی لێبێت چونکەکافرو بێ باوەڕان هەمیشە خەریکی ئەوەن کە ئێوەش کافر بکەن وەکو خۆیانو دوچاری سزای قیامەتو سەرشۆڕی دنیاتان بکەن، ئینجا دەفەرموێ:

١٥٠ واز لەوتاوانانە بهێنن چونکە خوا سەرپەرەستو یارمەتی دەری ئێوەیە، وە هەر ئەو چاکترین یارمەتی دەرە بۆ دۆستانی خۆی، دەی ئێوەیش تەنها بەو پشت ببەستنو چاوەڕێی سەرکەوتنو یارمەتی هەر لە خۆی بکەن. لە پاشا مژدە بە خاوەن باوەڕان دەدات کە لە کافران نەترسن، چونکە:

١٥١ بەم زوانە ئێمە ترس دەخەینە ناو دڵی بێ باوەڕانو کافرانەوە، بۆچی ترس دەخەینە ناو دڵیانەوە؟ بە هۆی ئەوەی کە شەریکیان بۆ خوا قەرار داوە شرك واتە هاوەڵ بۆ خوا دانان جا ئیتر ئەو هاوەڵە خۆشەویستی ماڵ بێت، خۆشەویستی ناوو شورەتو کورسیو شەخسو حیزب بێت، ئەو موشریكو بێ باوەڕانە هەر کاتێك کەموسڵمانان هەڕەشەیان لێ کردن زۆر ئەترسن، چونکە خوا خۆی لەو کاتانەدا ترس دەخاتە ناو دڵیانەوەو لە بەرامبەر گیان فیداییو ئامادەیی موسڵماناندا هیچیان لە دەست نایەتو کورد واتەنی "کونی مشکیان لێ دەبێت بە قەیسەری" و" لە سێبەری خۆیشیان سڵ دەکەن" بەڵێ خوای گەورە ئاوەها دەیانترسێنێت، چونکە ئەوانە شتانێك دەپەرەستن کە هەرگیز بۆ ئەوە خوای گەورە دەلیلێکی بۆ نەناردونو هیچیان بە دەستەوە نیەوەو جێگەی ئەوان ئاگری جەهەننمە، وە پیسترین جێگایە ئاگری جەهەننەم بۆ ستەم کاران

جا با موسڵمانان پیاوانە بەرامبەر دوژمنانی خۆیان بوەستن وە دوژمنانی خۆیان بناسنو دڵنیا بن کە ئەگەر ئەوان ڕاست بکەن خوا ترس دەخاتە ناو دڵی دوژمنانەوە وەك پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {أُعْطِيتُ خَمْسًا لَمْ يُعْطَهُنَّ أَحَدٌ قَبْلِي نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ وَجُعِلَتْ لِي الْأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا فَأَيُّمَا رَجُلٍ مِنْ أُمَّتِي أَدْرَكَتْهُ الصَّلَاةُ فَلْيُصَلِّ وَأُحِلَّتْ لِي الْمَغَانِمُ وَلَمْ تَحِلَّ لِأَحَدٍ قَبْلِي وَأُعْطِيتُ الشَّفَاعَةَ وَكَانَ النَّبِيُّ يُبْعَثُ إِلَى قَوْمِهِ خَاصَّةً وَبُعِثْتُ إِلَى النَّاسِ عَامَّةً / متفق عليه/ من پێنج شتم پێ دراوە کە نەدراوە بە هیچ پێغەمبەرێکی تر پێش من. یەکەم ـ یارمەتی درام بە ترس بەئەندازەی ڕۆیشتنی یەك مانگ ڕێگا. دووهەم ـ زەویم بۆ کرا بە مزگەوتو پاکۆکەر جاهەرکەسێك لە ئومەتی من لەهەرکوێدا کاتی نوێژی هات با لەو جێگایەدا نوێژ بکات. سێهەم ـ غەنیمەتم بۆ حەڵاڵ کرا کە بۆهیچ کەسێك لەپێش مندا حەڵاڵ نەبووە.

چوارەم ـ شەفاعەتی گەورەم پێ درا.

پێنجەم ـ هەرپێغەمبەرێك ڕەوانە دەکرا بۆ گەلوتیرەکەی خۆی من ڕەوانە کرام بۆ هەموو خەڵك بە گشتی} ئەوەبوو خوای گەورە یارمەتی پێغەمبەرو یارەکانی داو زاڵێ کردن لەو شەڕانەدا بەڵام لەم غەزایەدا لە خۆیانیان تێك دا ئەویش بەم شێوەیە بوو کەپێغەمبەری خواﷺ کۆمەڵێکی پەنجا کەسی لە سەر بەرزاییەك داناو فەرموی لێرە دەرنەچن ئەگەر دیتان ئەوان بە سەر ئێمەدا سەرکەوتوون ئێوە دانەبەزنو جێگاکە چۆڵ نەکەن، وە ئەگەر دیتان سەریش کەوتین ئێوە هەر لەوێدا ببن ئەوە بوو ئیتر پێغەمبەر ﷺ فەرموی کەس شەڕیش نەکات هەتا خۆم نەڵێم، ئینجا لە کاتێکا کە دوو زرێیەی بۆشی بو هاتە ناو یارەکانیو هەڵی نان لە سەر شەڕو شمشێرەکەی خۆی رووت کردو فەرموی:{کێ ئەم شمشێرەم لێ وەرئەگرێتو مافی خوای پێ دەدات؟ چەند کەسێك هەڵسان وەری بگرن لەوانە عەلیو زوبەیرو عومەر بوون تا ئەبو دوجانە سەماکی کوڕی خەرەشە هەستاو وتی: مافی چیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرموی: ئەوەندە شەڕی پێ بکرێت لار ببێت. وتی: من وەری دەگرم. پێغەمبەریش ﷺ پێی دا} ئەو ئەبو دوجانەیە پیاوێکی زۆر زرنگ بوو لە کاتی شەڕدا خۆی هەڵدەکێشاو پارچە پەڕۆیەکی سوری هەبوو کە دەیبەست لە سەر ئیتر دەیانزانی تا مەرگ شەڕ دەکات، کاتێ کە شمشێرەکەی وەرگرت پەڕۆکەی بەستو دەستی کرد بە خۆپێشاندان لە نێوان ڕیزی موسڵمانانو کافران داو پێغەمبەرﷺ فەرموی: {ئەم جۆرە ڕۆیشتنە خوا ڕقیەتی لێی مەگەر لەم شوێنانەدا} ئەبوسوفیانیش لەو لاوە

کافرەکانی هەڵدەناو بە هەڵگری ئاڵاکەیانی وت: کاتی خۆشی لە بەدرا ئاڵا بە دەستی ئێوەوە بوو ئێمە شکاین ئێستا ئەگەر دوژمنمان بۆ بێت لە لای ئاڵاکەوە بۆمان دێت یان پیاوانە هەڵیگرن یان بیدەن بەخۆمان با خۆمان هەڵیگرین بەمە خوێنی جولاندنو هەڵگری ئاڵا (تەلحەی کوڕی ئەبو تەلحە) هاتە مەیدانەوەو داوای هاوسەری کردو زرنگترین سواری قورەیش بوو عەلی یان زوبێر بۆی چوو وەکو هەڵۆ دابەزیە سەریو سەری لە لەشی کردەوە پێغەمبەر ﷺ زۆری پێ خۆش بوو فەرموی: (الله اکبر) موسڵمانانیش هەموویان وتیان: (الله اکبر) جا شەڕ دەستی پێ کردو موسڵمانان کافرەکانیان تارو مار کردنو کەوتنە سەریان لەم کاتەدا ئەوانەی سەر بەرزاییەکە کەوتنەچی بکەین چی بکەینو فەرماندەکەیان (عبدالله ی کوری جوبەیر) وتارێکی بۆ دانو داوای لێ کردن کە فەرمانی پێغەمبەرﷺ نەشکێننو بمێننەوە، بەڵام هەندێکیان وتیان: مەبەستی پێغەمبەر ئەوە نەبوو ئەگەر سەریش بکەوین ئێمە هەر لە سەر ئەم چیایە بین جادابەزینو دوژمن بەمەی زانیو هێرشی هێنایە سەر ئەو چیایەو ئەوانەی لەوێ بوون تا شەهید کران شەڕیان کرد بەڵام دوژمن سەرکەوتو لە پشتەوە موسڵمانانیان دایە بەر تیرو هاواری سەرکەوتنیان کردو دوژمن هەموی گەڕانەوە سەر موسڵمانان هەرکەس لە بیری خۆ رزگار کردنا بوو هەرچەند هەندێکیان پەلاماری سەر چیاکەین دا، بەڵام تازە بێ کەڵك بوو لە پێشەوە شەڕیان دەکرد بۆ لە ناوبردنی کوفر ئێستە ئەبێ شەڕ بکەن تا خۆیان لە مردن رزگار بکەنو پێشەکی بە رێكو پێکی دەجەنگان وا ئێستا پەرتەوازە بوونو فەرماندەکەشیان دیارنیەو موسڵمانان تێکەڵو پێکەڵ بوونو موسڵمان لە موسڵمانی دەداو نەی دەزانی موسڵمانەو لەو کاتەشدا جاڕ درا کە پێغەمبەر کوژراوەو هەموویان باوەڕیان کردو هەندێکیان وتیان: ئێمە لە سەر پێغەمبەر شەڕمان دەکرد مادام پێغەمبەر نەمابێ ئیتر با بچینەوە ناو تیرەو ماڵی خۆمان ئەوان دەمانپارێزنو گەڕانەوە بۆ ناو شاری مەدینە تەنانەت ئەبوبەکرو عومەرو تەلحە لە کوشتنی پێغەمبەر دڵنیا ببونو لە داخدا خۆیان دابو بە زەویدا، ئەنەسی کوڕی نەزر دای بە لایانداو وتی: ئەوە بۆچی دانیشتون وتیان: پێغەمبەری خوا ﷺکوژراوە وتی: جا ئێوە دوای ئەو ژیانتان بۆچیە؟ هەڵسن با بمرین لە سەر ئەوەی کە ئەوی لە سەر مردوە، ئینجا خۆی روی کردە دوژمنو جەنگێکی فیداکارانەی کردو نەکوژرا هەتا حەفتا برینی لێ کرا بە رمو شمشێرو تیر وای لێهات کە کەس نەیدەناسیەوە تەنها خوشکێکی خۆی نەبێت کە بە پەنجەی دا ناسیەوە. خوا لێخۆشبو پارێزانی دەڵێت: قورەیشیەکان کە ئەم هاوارەیان بیست بە جارێ هێرشیان بردە سەر ئەو ناوچەیە کە پێغەمبەری خوای ﷺلێ بوو دیارە دەیان ویست لە درۆو راستی هەواڵەکە تێ بگەن، یاخود هەموو بەشدار بن لە کوشتنو برینیاو ئەم بەشدار بونەشیان ببێتە جێگەی شانازیو پشتاوپشت بگەڕێتەوە ئەمەیە راو تێگەیشتنی کوفرو نەفامیەتی لە هەمو چەرخو دەورێکاو هەوڵ دەدا بۆ بەشدار بون لە کوژاندنەوەی بانگی ئاشتی خوازیو رزگاری داو خۆی بە بەختەوەر دەزانێت ئەگەر بەشی ببێت لە لەناوبردنی بانگ کەرا !!

ئالەم کاتی تەنگانەو تەنگو چەڵەمەدا پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو کەژی دامەزراو لە جێگای خۆیدا مایەوەو لەرەو جوڵەی لێوە نەهاتو کەوتە تیر باران کردنی کافرەکان هەتا خەریك بوو تیرو کەوانەکەی بشکێ، وە کۆمەڵێ لە یارەکانی لە دەوری مابونەوە لەوانە (ئەبو تەلحە) ی یاریدەدەر کە پارێزگاری پێغەمبەری دەکردو تیر ئەندازێکی بلیمەتو دلێر بوو تیرەکانی هەڵ رشتە بەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی وت: روی من فیدای روی تۆ بێت، هەر موسڵمانێ لەوێوە بهاتایە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرمو: تیرو کەوانەکەت بێنە بۆ (ئەبو تەلحە) و کە تیری دەهاوێشت پێغەمبەرﷺ خۆی هەڵدەبڕی تا بزانێ کافرەکان چی دەکەن ئەبو تەلحەیش دەیوت: ئەی پێغەمبەری خوا دایكو باوکم فیدات بێ مەڕوانە نەوەك تیرێکی دوژمنت بەر بکەوێت، لاشەم لە پێش لاشەتەوەیە. قورەیشیەکان کەوتنە بەرد بارانکردنی پێغەمبەرﷺ و (عوتبەی) کوڕی ئەبی وەقاس بەردێکی گرتە پێغەمبەرو دانی پیرۆزی شکاند حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە کەوتە سەریو کوشتی (عبدالله)ی کوری شەهابی زەهری رووی

شیرینی بریندار کرد وە (ابن محیئە) ی چەپەڵ بەردێکی پیا ماڵیو ئەڵقەی زرێکەی چوو بە روویداو هەردوو کوڵمی پیرۆزی بریندار بوو (ابو عامر) ی فاسق چەند چاڵێکی هەڵکەندبوو سەریانی داپۆشیبوو بۆ ئەوەی موسڵمانەکان تێی بکەونو پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتە یەکێ لەوچاڵانەو زۆر ئازاری پێ گەیشت هەردوو ئەژنۆی بریندار بوونو لە خۆ چوو (عەلیو تەلحەی) کوڕی عوبەیدوڵا بە پەلە رایان کردو دەریان هێنایەوەو بەم کۆمەڵەوە دەیان ویست وردە وردە سەرکەون بۆ سەر کەژەکە تا خۆیان رزگار بکەنو نەیەڵن دوبارە پشتیان لێ بگرنەوەجا بە هێزی بازوی تیر ئەندازەکان توانیان ئەو کافرانە بگێڕنەوە کە دەیان ویست بچنە سەر کەژەکەو موسڵمانە پەرتەوازەکان گەڕانەوەو ئەت وت لە خەو راپەڕی بوون. قورەیش بەم هەواڵە زۆر دڵخۆش بونو ئەبو سوفیان لە ناو کوژراوەکاندا دەگەڕا تا بیدۆزێتەوە، وە لە سەربڕیاری پێغەمبەرﷺ موسڵمانان ئەو قسەیەیان بە درۆ نەخستەوە نەوەك بەجارێك هێرش ببەنە سەریانو لە ناویان ببەن تا(کەعبی) کوڕی مالیك روو بە ئەبو دوجانەو هاوڕێکانی هاتو چاوی بە پێغەمبەر کەوتو بە دەنگی بەرز بانگی کردە موسڵمانەکان، مژدە بێت ئەمە پێغەمبەرە ﷺ پێغەمبەریش دەستی لێ هەڵوەشاند کە بێ دەنگ بەو لە کاتی رۆیشتندا پێغەمبەر ﷺ خۆی ئەدا بەسەر شانی (سەعدی) کوڕی ئەبی وەقاسو سەعدی کوڕی عوبادە دا ئەبوبەکرو عومەرو عەلیو زوبەیرو حاریسی کوری حەسمەو چەند کەسێکی تری لە گەڵا بوو. خوا لێخۆشبوو پاڕەزانی دەڵێت: بانگەکەی کەعب دیارە تینی زۆری کردە سەر قورەیشیەکان بەڵێ هەندێکیان باوەڕیان نەکردو وایان زانی بۆ زات نانە بەری موسڵمانەکانە بەڵام زۆریان بە راستیان دانا بۆیە دەیان ویست بڕۆن بە شوێنیاندا، وە لەو کاتەدا عوسمانی کوڕی عبداللە ی کوڕی مغیرە روی تێ کردنو پێغەمبەری بەر چاو کەوت وتی: ئەوە (محمد)ە دەرنەچم ئەگەر دەرچێت ئەوەی وتو وڵاخەکەی خستیە خوارەوە کەوتە ناو چاڵێك حارس ی کوڕی حسمە چو بۆیو کۆشتی وە ئوبە ی کوڕی خەلەفیان پێ گەییو ئەی وت:کوا (محمد)؟ دەرنەچم ئەگەر دەرچێت ئوبەیە بە سەر وڵاخێکی چاکەوە بوو کە لە مەکەدا دای بەستبو ئەی وت: (محمد) ی لە سەر دەکوژم کە پێغەمبەری خوا ئەوەی بیست فەرموی: ئەگەر خوا حەز کا من ئەو دەکوژم کە نزیك بووەوە پێغەمبەر ﷺ رمەکەی حارسی گرت بە دەستەوەو رمێکی لێداو برینداری کرد دیار بوو جێگای کوشندەی گرت بوو بۆیە گورج گەڕایەوەو وەك گا دەی بۆڕاندو لە رێگادا کوشتیو ئاواتەکەی پێغەمبەر ﷺ هاتەدی. وە پێغەمبەر ﷺ بێجگە لە ئوبەی کەسی تری نەکوشتوە. کاتێ چونە سەر تەوقە سەری کەژەکە بەردێك هەبوو پێغەمبەر ویستی بچێتە سەری بەڵام نەیتوانیو بە کۆمەڵ سەریان خست ئا بەم شێوەیە دەرکەوت کە خوا پێشەکی موسڵمانانی سەرخست، بەڵام خۆیان بوون بە هۆی ئەوشکستەی خۆیان. جا ئێستا فەرمون بۆمانای ئەم ئایەتانەی تر کە دێن، خوا دەفەرموێ:

(١٥٢) بە راستی خوا راستی کرد لە گەڵ ئێوەداو بەڵێنەکەی خۆی هێنایەدی کاتێ کەئێوە بەفرمانی خوا ﷺ ئەوانتان دەکوشتو لاشەیان لێ دەکەوت لە مەیداندا هەتا ئەو کاتەی کەترسانو ئێوەی تیرەنداز لە بارەی دابەزینەوە لەسەر چیاکە ناکۆکیتان لێ پەیدا بوو، وە سەرپێچیتان کردو فرمانی پێغەمبەری خواتانﷺ شکاند لە پاش ئەوەی کە من پێشانم دان ئەوەی کە ئێوە پێتان خۆشبوو کە سەر کەوتنو دەستکەوتێکی چاك کەلەگۆڕەپانی جەنگدا کەوتبو جا هەندێکتان دنیاتان دەویست و هەندێکی ترتان دوا رۆژ، پاشان لەبەر ئەوەخوا ئێوەی لادا لەو سەرکەوتنە بە سودی کافران تاکو تاقیتان بکاتەوە، بەراستی خوا لەو تاوانەش عەفوی کردن ،وە خوا خاوەنی فەرو خەیری زۆرە بۆ خاوەن باوەڕان. تەماشا بکەنو سوپاسی ئەو خوا میهرەبانو بەخشندەیە بکەن ئەوەتە پێش ئەوەی کە باسی بەزینو راکردنەکەیان بکات دەفەرموێ: وە بەراستی خوا لەو تاوانەی بەخشین. ئینجا باسەکەیان بۆدەگێڕێتەوە کەچییان کردوەو دەفەرموێ:

(١٥٣) وەبیریان بهێنەرەوەئەو کاتەی کە بە پەلە سەردەکەوتن بۆ چیاکە، چونکە هەر زانیان وەزعیان باش نیەو شکستیان خوارد بە پەلە رۆیشتن بەرەو چیاکان

ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيۡكُم مِّنۢ بَعۡدِ ٱلۡغَمِّ أَمَنَةً نُّعَاسًا يَغۡشَىٰ طَآئِفَةً
مِّنكُمۡۖ وَطَآئِفَةٌ قَدۡ أَهَمَّتۡهُمۡ أَنفُسُهُمۡ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ
ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ مِن شَيۡءٍۗ
قُلۡ إِنَّ ٱلۡأَمۡرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِۗ يُخۡفُونَ فِيٓ أَنفُسِهِم مَّا لَا يُبۡدُونَ لَكَۖ
يَقُولُونَ لَوۡ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٌ مَّا قُتِلۡنَا هَٰهُنَاۗ قُل لَّوۡ كُنتُمۡ
فِي بُيُوتِكُمۡ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَتۡلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمۡۖ
وَلِيَبۡتَلِيَ ٱللَّهُ مَا فِي صُدُورِكُمۡ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمۡۗ
وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١٥٤﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ مِنكُمۡ
يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ إِنَّمَا ٱسۡتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِبَعۡضِ مَا
كَسَبُواْۖ وَلَقَدۡ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٞ ﴿١٥٥﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَقَالُواْ لِإِخۡوَٰنِهِمۡ إِذَا
ضَرَبُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَوۡ كَانُواْ غُزّٗى لَّوۡ كَانُواْ عِندَنَا مَا مَاتُواْ وَمَا
قُتِلُواْ لِيَجۡعَلَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ حَسۡرَةٗ فِي قُلُوبِهِمۡۗ وَٱللَّهُ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۗ
وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ﴿١٥٦﴾ وَلَئِن قُتِلۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ
أَوۡ مُتُّمۡ لَمَغۡفِرَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَحۡمَةٌ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ﴿١٥٧﴾

وئاوڕتان نەدەدایەوە بۆ لای هیچ کەسێكو راتان دەكردو دەرۆیشتن، وەپێغەمبەریش بانگی دەكردن كە لە دواتانەوە بوو ئەی بەندەكانی خوا بۆ لای من وەرن من وام لێرە جا چونكە گوێتان بە بانگەكانی پێغەمبەر نەداو فەرمانتان شكاند ئا بەم شێوەیە خوای گەورە پاداشتی ئێوەی داوە بە پەژارە لە سەر پەژارە جا ئەمە دەگونجێت بۆ هاوشكڵی بێت واتە دوای ئەوەی كە ئەو هەواڵەیان پێ درا كە پێغەمبەر كوژراوە خۆئەوە پێغەمبەرەﷺ بانگتان دەكاتو دەفەرموێ: وەرن بۆ لای من ئەی بەندەكانی خوا من لێرەم كەوابوو پاداشتی دانەوەو ئەو غەمەتان بۆ بوو بە فەرەحی. یان دەگونجێت هەر بە مانای خۆی بێت واتە ئێوە لەوێ دا شكستان خواردو لە پاشان پەژارەیەكی گەورەتری خستە بەرتان بەمە پاداشتی دانەوە كەئەمەیان شێوەیەكی لۆمە كردنی تێدایە، لەراستیدا پاداش نەبوو سزا بوو، چونكە شكەستیان خواردو چەند نەفەریان شەهید بوونو نەوسەركەوتن وغەنیمەتەیان هەموو لە دەست دا، لە دوای ئەمەش بیستیان كە پێغەمبەر شەهید بووەﷺ كە ئەمە لە هەمویان گەورەتر بوو لە لایان كە لە دوایی دا بۆیان دەركەوت كە ئەمەراست نەبوە ئیتر ئەوانی تریان هەموو لە بیر چونەوەو بە لابردنی ئەو پەژارە گەورەیە پاداشتی دانەوە وشاد بوونەوە بە پێغەمبەرﷺو هەموو ئێشو ئازارەكانی تریان لە بیر نەما وەك دەفەرموێ: تا خەفەت نەخۆن لە سەر ئەوەی كە فەوتاوە لە سەركەوتنو لە غەنیمەتو لە سەر ئەوەی كە توشتان هاتوە لە شەهید بوونو بریندار بونتان، وە خوای گەورە ئاگادارە بەوەی كە ئێوە دەیكەنو لە خراپەكانتان خۆشبوو پاداشتی چاكەكانیشتان دەداتەوە، جاكە پێغەمبەرﷺ گەیشتەوە بەوان هەمویان لە دەوری كۆبونەوە داخو خەفەتیان سوك بوو خەو گرتنی وەك دەفەرموێ:

﴿١٥٤﴾ لە پاشان خوای گەورە لە دوای ئەم پەژارەو ناڕەحەتیە ئاسایشێكی پێ دان كە ئەو ئاسایشەش وەنەوزەیەك بوو كە كۆمەڵێ موسڵمانانی راستی گرتەوەو لەو كاتە ناسكەداو لە ناو ئەو دوژمنانەدا خەو گرتنی، وە كۆمەڵێكی تر كە تەنها مەبەستیان خۆیان بوو كە گومانی ناڕەوایان دەبرد بە خوا بە گومانێكی نەزانانە كەدەیان وت: ئەگەر ئەم ئیشە بۆ خوایە بۆچی دەبێ بشكێین؟ بەڵام خاوەن باوەڕان هەر بەم وەنەوزەی خۆیان بۆیان دەركەوت كە خوا یارمەتی دەرو سەرپەرشتیانە، چونكە لەم حاڵەتەدا كابرا را دەكاتو خوا خوایەتی نەكوژرێت. كەچی خەو بیگرێت؟! هەتا دەڵێن زۆر جار شمشێرەكانمان لە دەستمان دەكەوت وهەڵمان دەگرتەوە ئا بەم خەوە دەردەكەوێت كە سودێك هەیە لە ئاراداو هەر ئاوەها بەرەڵا نەكراونو كەس ئاگای لێ نەبێت، بەڵام موناففقان ونەفامان لەو راستیانە تێ ناگەنو گومانی خراپ دەبەنو دەڵێن: ئایا لەم ئیشەدا هیچ سوودێك هەیە؟ ئایا ئێمە ئیشمان تەواوە یان هێشتا ماومانە؟ ئایا ئەگەر خوا خۆی چی ویست ئەوە دەبێت ئیتر بونی ئێمە چ سودێكی هەیە؟ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ:، بەڵێ بە راستی ئەم ئیشە هەموی بەدەست خوایەو فرمانی ئەوەو دەبێ جێ بە جێ بكرێتو بێ سوود نیە ئیتر ئەو سودانە بزانین یان نەزانین، بەر استی قسەی ئەو موناففقانە راستە، بەڵام مەبەستیان پیسە ئەگینا هەمو شت بە دەست خوایەو هیچ شتێك بە بێ بڕیاری ئەو ناكرێتو نابێو كەس خاوەنی هیچ شتێك نیە، ئینجا خوا

ناو دەرونیان باس دەکاتو دەفەرموێ: ئەوانە دەیشارنەوە لە نەفسی خۆیاندا شتێك کە دەری ناخەن بۆ تۆ ئەی محمدﷺ واتە لە لای خۆیان گومانیان هەیە کە ئەمە راست بێتو پێیان وانیە کە لە سەر رێبازێکی راستنو دەڵێن: ئەگەر لەم ئیشەدا شتێك بۆ ئێمە بوایە ئێمەلێرەدا نەدەکوژراین ئینجا خوای گەورە دەمکوتی ئەو مونافقانە دەکاتو دەفەرموێ: ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە لە ماڵی خۆتاندا بوونایە ئەوانەی کەوا کوشتن لە سەریان فەرز بوە دەبوایە بهاتنایە ئەو جێگایەی کە تێیدا کوژراونو بکوژرێنو پاشو پێشی نەدەبوو خوای گەورە ئەمەی کردوە تا تاقیتان بکاتەوەو ناو دڵتان ئاشکرا بکاتو تا پاكو خاوێن بکاتەوە ئەوەی کە لە ناو دڵتاندایە، وە خوا ئاگادارە بەوەی کە لە ناو دڵەکاندایەو کام دڵ لەگەڵ خوای خۆی راست دەکاتو کامیان درۆ دەکات جا بەو تاقیکردنەوانە زۆریان ئاشکرا دەبنو دەبینی راستگۆیان تا مەرگ بە بەردەوامی لە سەر ئایینو بەرنامەی خوا دەجەنگنو درۆزنان لە نیوەی رێگاداو لە ناو ئیشەکەیاندا بە شێوەیەك رەفتار دەکەن لە گەڵ ئایندا کەبەچاکی ناپاکیان دەردەکەوێت.

(١٥٥) بەبێگومان ئەو کەسانەی ئێوە کەلەو رۆژەدا رایان کردو پشتیان کردە جەنگەکە هەر شەیتان بوو هەڵیدێران بە هۆی تاوانانێکەوە کە لە پێشەوە کردبویان، وتراوە "گوناح گوناح رادەکێشێت" ئەگینا شەیتان نەیدەتوانی هەڵتاندێرێتو لەناو دڵتاندا لانە بکات شەیتان لە بەرامبەری قورئانو یادی خواوە ئەوەندە لاوازە کە هەر وترا پەنا دەگرم بە خوا لە شەیتانی دەرکراو ﴿أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطَانِ الرَّجِيمِ﴾ ئیتر بەسەو توانای نامێنێت. جا خوای گەورە لە تاوانی ئەو راکردنە چاوپۆشی کرد، بە راستی خوا زۆر لێبوردەو بە حەوسەڵەیە. تەماشا کەن ﴿غَفُورٌ حَلِيمٌ / لێبوردەو بە حەوسەڵە﴾ی بەکار هێناوە واتە ئێوەش ئەگەر کەمێك سەبرتان بگرتایە لەو چیایەو نەهاتنایە خوارەوە ئیشەکەی ئێوەش ئەو کاتە سەرکەوتودەبو.

وَلَئِن مُّتُّمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لَإِلَى اللَّهِ تُحْشَرُونَ (١٥٨) فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ
اللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ ۖ
فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ
فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ (١٥٩) إِن يَنصُرْكُمُ اللَّهُ
فَلَا غَالِبَ لَكُمْ ۖ وَإِن يَخْذُلْكُمْ فَمَن ذَا الَّذِي يَنصُرُكُم مِّنۢ
بَعْدِهِۦ ۗ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ (١٦٠) وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن
يَغُلَّ ۚ وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۚ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ
نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (١٦١) أَفَمَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَ
اللَّهِ كَمَنۢ بَاءَ بِسَخَطٍ مِّنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ ۚ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ
(١٦٢) هُمْ دَرَجَاتٌ عِندَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ (١٦٣)
لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ
يَتْلُوا عَلَيْهِمْ آيَاتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ
وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (١٦٤)
أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّىٰ هَٰذَا ۖ
قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (١٦٥)

(١٥٦) ئەمەش هەڕەشەیەکی توندە لە موسڵمانان کە نابێ وەك کافران بیر بکەنەوە کە هەمو ئارەزۆیان تەنها دنیایەو باوەڕیان بە زیندوو بونەوەو حیساب نیە، ئێمە باوەڕمان بە قیامەت هەیەو چاوەڕوانی پاداشتی گەورەی ئەو رۆژەین،جا دەفەرموێ: ئەی خاوەن باوەڕان ئێوە وەك ئەو کافرانە نەبن، کە بە براکانیان دەوت کاتێك کە دەچون بۆ سەفەرێك یان بۆ جیهاد: ئەگەر ئەوانە لەلای ئێمە بونایە نەدەمردنو نەدەکوژران. ئێوە وەکو ئەوان نەکەن تا خوای گەورە بەم شێوەیە داخو خەفەتیان بۆ زیاد بکات و بە هۆی ئەم بیرو باوەڕە هەڵەوە زیاتر داخداریان بکات بۆ ئەو کەسانەیان کە کوژراون، یان مونافقانو کافران ئاوایان دەوت تا موسڵمانان زیاتر خەفەت بخۆن جا دەفەرموێ: هەر خوایە کەزیندو دەکاتەوەو دەمرێنێت، هەردووکیان بە دەستی خوایە تا خوا داخی زیاتر دروست بکات لە دڵی کافراندا کە بزانن هیچ بە دەستی ئەوان نیەو هەموی هەر بەد دستی خوایە، جا هەم بۆ ترسانو هەم بۆ مژدەش دەفەرموێ: خوا نە چاکەی چاکەکارانی لا ون دەبێت و نە

تاوانی تاوانباران چونکە خوای گەورە بینەری ئەو شتانەیە کە ئێوە دەیکەن.

١٥٧ وەبە راستی ئەگەر ئێوە بکوژرێن لە رێگای خوا دا یان بمرن لێخۆشبونو رەحمەتێکی واتان بۆ هەیە لە لایەن خوداوە کە چاکترە لەوەی کە ئەوان کۆی دەکەنەوە لە سەروەتو سامان لە دنیادا واتە ئەگەر نەچویت بۆ سەفەرو نەچویت بۆ جیهادو هەر لە ماڵدا بویت نامریت؟ دەبێ هەر بمریتو هەمومرۆڤ لەم مەرگەدا یەکسانەو کەسی لێ رزگار نابێت، جا ئایا بەو شێوەیە بمریت کە دەستت خاڵی بێت باشە یان زەحمەتو تەلاشی چاکت کێشابێت لە سەر ئاینی خواو بمریت یان بکوژرێیت کەئەو هەمو بەخششەی پەروەردگارت بەرکەوێت؟ تۆ دەبێ هەر بگەرێیتەوە بۆ لای خواو حیسابت لە گەلدا بکرێت وەك دەفەرموێ:

١٥٨ ئەوسائەگەر ئێوە بمرن یان بکوژرێن هەمووتان بۆ لای خوا دەهێننەوەو حیسابتان لە گەلدا دەکات. ئینجا خوای گەورە نیعمەتێکی تر لە نیعمەتە لە ژمارە نەهاتوەکانی دەخاتە بەر چاوی موسڵمانان بە تایبەتی بۆ پێغەمبەرمانﷺ کە ئەو خەڵکە لە دەوری کۆبوونەوەو هەروەها بۆ هەر فەرماندەیەکی موسڵمانان لە هەر زەمانێکدا ئەگەر چەند کەسێك لە دەوری کۆبوەوە با بزانێت کە ئەوە رەحمەتی خوا بوە نەك زرنگیو لێهاتووی خۆیو دەفەرموێ:

١٥٩ دەی بە هۆی رەحمەتی خواوە کە تۆ نەرم بویت بەرامبەر بە ئەوانو بە نەرمی رەفتارت کرد لەگەل خاوەن باوەران دا ئەی محمدﷺ ئەگەر تۆ ئینسانێکی ووشكو دڵ رەق بوایتەخەڵك لە چوار دەورت دەردەچوون ئەمە خوایە کە تۆی وا دروست کردوە کە ئاوەها نەرم بیت کەواتە دەی وەکو ئەوەمان پێ دایت تۆش ئا ئەمانە لە گەل ئەواندا ئەنجام بدە بۆ ئەوەی زیاتر بلکێن بە یەکەوە یەکەم: لە تاوانێك کە دەیکەن لە سەریان زیاد مەکەو چاوپۆشیان لێ بکە ئەگەر حەدی دیاری نەبوو. ئەمەش دژی رەفتاری ئەو داعیە موسڵمانانەن کە عەیبێك دەبینن لە برای موسڵمانی لە باتی داپۆشینی دەیکەن بە ڤاڵو بە خەڵکی تری دەڵێن بە راستی ئەمە سیفەتی مرۆڤی موسڵمان نیە.

دوهەم: دوعای لێخۆشبوونشیان بۆ بکە باخواش لێیان خۆش بێت. سێیەم: لەکاتی ئیشو کاروباریان دا راوێژیان لە گەلدا بکە، چونکە ئەگەر پرسو رات پێ کردن سیقەیان بۆ پەیدا دەبێتو هەست بە لێپرسراوی خۆیان دەکەن، ئەم سی سیفەتە پێویستە لەهەمو فرماندەیەکی موسڵماناندا هەبێت. جا ئەگەر فەرماندە ئەو ئیشانەی ئەنجام داو دی رەئی خۆی راسترو دروسترە با لە سەر رەئیەکەی خوی بروات وەك دەفەرموێ: ئەگەر تۆ خۆت بریاری تەواوت دا لە سەر ئەو ئیشە، بیکەو پشتت ببەستە بە خوای گەورەو گوێ مەدە بە کەسی تر. بە راستی خوای گەورە ئەو کەسەی کە پشتی پێ دەبەستێت خۆشی دەوێت. ئەم فرمانەی خوای گەورە لەوانەیە لە بەر ئەوە بوبیت کە دوای ئەو شکستە ئیتر پێغەمبەرﷺ هاتبێ بە دڵیدا کە ئیتر پرسو رایان پێ نەکات خوای گەورە دەفەرموێ: ئەو رەوشتە شتێکی زۆر بە نرخە بە تۆمان داوە هەروەها سوودی لی وەربگرە. ﴿فَظًّا﴾قسە ناخۆشو قسە رەق، ﴿غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ﴾دل رەقو بەد خو.

وە لە بارەی مەشورەتەوە ئایا واجبە یان سونەت زانایان دوو قسەن، هەندێك بە واجبی دەزانن وە چەندین بەلگەیان هەیەو هەندێکی بە سوننەتی دەزاننو ئەوانیش چەندین بەلگەیان هەیە کە لە پەراوە فیقهەکاندا بە درێژی باسکراوەو من رای دوهەمیان بە نزیکتر دەزانمو هەر خوایش زانایە. وە ئەو کەسەی کە پرسو رای پێ دەکرێت دەبێ راستو دەمو دەس پاك بێت، ئەبو هورەیرە دەڵێت: پێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی: {الْمُسْتَشَارُ مُؤْتَمَنٌ / ابوداود، صححه الالباني/ واتە راوێژ پێ کراو ئەبێ ئەمینوباوەر پێکراو بێ} جا ئەو بریار دانەی پێغەمبەر ﷺ دەگونجێت بەم مانا بێت واتە هەر کاتێ پرسو رات کردو بە هەموتانەوە بریاری لە سەر درا تۆیش ئیتر مەترسەو دەست بدە ئیشەکەو پشت ببەستە بەخوا، وە دەگونجێ ئەگەر شتێك خۆت بە چاکت زانی، بێ راوێژ کردن بیکەو پشت ببەستە بە خوا بەم مانایە دەستی فرماندە والآتر دەبێت لە ئیشو کاریاو هەمو ئیشەکانی نابەستێت بە راوێژ کردنەوە ئەمە ئەگەر چی بۆنێکی

دیکتاتۆری لێ دێت، بەڵام چونکە فەرماندەی موسڵمانان شەرع دانەر نیەن بەڵکو جێ بە جێ کەری فەرمانەکانی شەرعن‌و پەیڕەوی کردنی ئەوان کاتێك پێویستە کە لە شەرع لانەدەن بەڵکو دەبێ بڕیارەکانیان هاوتا بێت لە گەل شەرع دا جا ئیتر پێویست ناکات دوبارە ببەسرێت بە پرس‌و رای خەڵکیشەوە، ئەگەر چی پرس‌و را کردن سوننەتێکەو تا بکرێت باشترەو بە سود ترەلەبەر ئەوهۆیانەی کەباسمانکردن، بەڵام لە هەندێ کاتدا پرس‌و را دەبێ بە هۆی فەوتاندن یان دوا کەوتنی ئیشێکی پێویست، شەڕی پاشگەزبوان‌و شەڕی نەدانی زەکات‌و ناردنی سوپای ئوسامەی کوری زەید بێ پرس‌و را، بەڵکو دژایەتیشی کرا چەند بەلگەیەکی بە هێزی ئەم قسانەمانە هەر خوایش زانایە. ئینجا خوای گەورە سرنجمان بۆ سەرچاوەی سەرکەوتن‌و ژێر کەوتن رادەکێشێ‌و دەفەرموێ:

(١٦٠) ئەگەر ﷲ یارمەتی ئێوە بدات هیچ کەس سەرناکەوێت بە سەرتانداو ئەگەر ئەو ئێوە سەر شۆڕبکات‌و بتان شکێنێت کێ هەیە یارمەتی ئێوە بدات پاش خوا؟ ئاشکرایە هیچ کەسێکی تر نیە دەی تەنها پشت بە خوا ببەستن خاوەن باوەڕان، چونکە هەمو شت هەر بە دەست خۆیەتی‌و پشت بە هێزو ژمارە نەبەستن ئەگەر چی ئەوانەش ئەسبابن‌و پێویستە ئامادە بکرێن وەك لە سورەتی ئەنفال /٦٠دا دەفەرموێ:﴿ خۆتان ئامادە بکەن بۆیان بە هەرچی لە تواناتاندا هەیە﴾ دەڵێن لە شەڕی بەدرا پارچەیەك قوماشی سوور لە ناو غەنیمەتدا نەماو وتیان لەوانەیە پێغەمبەر هەڵی گرتبێ خوا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوەو فەرموی:

(١٦١) بۆ هیچ پێغەمبەرێك نیە کەوا خیانەت بکات‌و هەر کەسێك خیانەت بکات چ پێغەمبەرو چ غەیری ئەو رۆژی قیامەت بەو خیانەتەوە دێت‌و حیسابی لە گەلدا دەکرێت لە پاشان هەمو کەسێك چ پێغەمبەر بێت چ پیاوێکی عادیپاداش یان سزای ئەوکردارەی خۆی پێ دەدرێت وئەوان ستەمیان لێ ناکرێت.. پێویستە ئەوە بزانین کە پێغەمبەرﷺ وەکو کەسێك لەموسڵمانانە سەبارەت بە دەسکەوتەکانی جەنگ وبێجگە لەوبەشەی کە خوا بۆی داناوە هیچی تری هەڵنەدەگرت تا وا گومان نەکەن کە پێغەمبەرﷺ ئەم شەڕە بۆ خۆی دەکات یان بۆ زیاد کردنی ماڵ‌و سەروەتی خۆی دەیکات نەخێر وانیە ئەگەر هات‌و ئەو شتێك بە پێچەوانەی ئەمری خوا ئەنجام بدات ئەویش وەکو ئێوە دادگایی دەکرێت. بەم شێوەیە خوای گەورە موسڵمانانی ترساند لە گومانی خراپ بردن بە پێغەمبەر ﷺ.

(١٦٢) دەی پاش ئەوەی کە پاکی پێغەمبەرتان زانی ئایا دەگونجێت ئەوکەسەی کە پەیڕەوی رەزامەندی خوا بێت‌و ئەو کەسەی کە خوا غەزەبی لێ گرتبێت وەك یەك بن؟ کە ئەو شوێنی جهەننمە وە پیسترین شوێنە جهەننەم واتە پێغەمبەر ﷺ کە هەمیشە هەر بە شوێن رەزایەتی خودا دا دەڕوات وەك ئەو کەسانە تەماشا بکەن کە ترسیان لە خوا نیەو هەمو حەرام‌و حەڵاڵێك تێکەڵاو دەکەن؟ نەخێر نابێ ئەوانە وەکو یەك بن.

(١٦٣) ئەوخەڵکە خاوەنی چەندین پلەی جیا جیان لە لای خوا ، هەیە بۆ دۆزەخ‌و لاخواروی دۆزەخ هەیشە بۆ بەهەشت‌و جێگابەزەکانی، وە خوا بینەرە بەوەی کە ئەوان دەیکەن‌و هیچی لێ ون نابێت.

ئینجا باسی پێغەمبەرمان ﷺ بۆ ئەکات کە ئەو پێغەمبەرە لە نەوەی ئادەمیزادەو هەروەکو باقی خەڵکی تر هەستی خۆشی‌و ناخۆشی‌و ساردی‌و گەرمی‌و برسی‌و تینوی دەکات، چونکە ئەگەرلە فریشتە یان پەری بوایە، بەشەر جێگای رەخنەی دەبوو دەیتوانی بڵێ: ئێمە وەکو ئەومان پێ ناکرێت‌و ئەو رەگەزێکی ترەو ئێمەش رەگەزێکی ترین، کەواتە ئەمە نیعمەتێکی زۆرگەورەیە بۆیە خوا دەفەرموێ:

(١٦٤) بەراستی ﷲ منەتی نایە سەر خاوەن باوەڕان، کەی؟ ئەو کاتەی کە لە نەفسی خۆیان پێغەمبەرێکی بۆ ناردن کە ئایەتەکانی خوا کە قورئانە دەی خوێندەوە بە سەریانداو لەبت پەرستی‌و رەوشتی ناپەسەند پاکی دەکردنەوەو فێری ئەم قورئانە و دانایی دەکردن، وە شارەزای رەوشتی بەرزی دەکردن هەر چەند ئەوان لە پێشدا لەم بارەیەوە لە گومڕاهیەکی ئاشکرا دابون و هیچیان نەدەزانی. ئینجا ﷲ دەمانباتەوە سەر باسەکەی جەنگی "ئوحود"و دەفەرموێ:

وَمَآ أَصَٰبَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ فَبِإِذۡنِ ٱللَّهِ وَلِيَعۡلَمَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ
﴿١٦٦﴾ وَلِيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ نَافَقُواْۚ وَقِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ قَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ
أَوِ ٱدۡفَعُواْۖ قَالُواْ لَوۡ نَعۡلَمُ قِتَالٗا لَّٱتَّبَعۡنَٰكُمۡۗ هُمۡ لِلۡكُفۡرِ
يَوۡمَئِذٍ أَقۡرَبُ مِنۡهُمۡ لِلۡإِيمَٰنِۚ يَقُولُونَ بِأَفۡوَٰهِهِم مَّا لَيۡسَ
فِي قُلُوبِهِمۡۚ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يَكۡتُمُونَ ﴿١٦٧﴾ ٱلَّذِينَ قَالُواْ لِإِخۡوَٰنِهِمۡ
وَقَعَدُواْ لَوۡ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُواْۗ قُلۡ فَٱدۡرَءُواْ عَنۡ أَنفُسِكُمُ
ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿١٦٨﴾ وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي
سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتَۢاۚ بَلۡ أَحۡيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمۡ يُرۡزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ
بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦ وَيَسۡتَبۡشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمۡ يَلۡحَقُواْ
بِهِم مِّنۡ خَلۡفِهِمۡ أَلَّا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿١٧٠﴾
۞ يَسۡتَبۡشِرُونَ بِنِعۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضۡلٖ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٧١﴾ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ مِنۢ بَعۡدِ مَآ
أَصَابَهُمُ ٱلۡقَرۡحُۚ لِلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ مِنۡهُمۡ وَٱتَّقَوۡاْ أَجۡرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٢﴾
ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ
فَزَادَهُمۡ إِيمَٰنٗا وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾

﴿١٦٥﴾ ئایا ئێوە هەر خەفەتو پەژارەتان هەیە لەوەی کە ئێوە توشی موسیبەت بوون لە ئوحودا و حەفتا کەستان لێ شەهید بوو بە راستی ئێوە دوو بەرامبەری ئەوە زیانتان گەیاند بە کافرەکان لە بەدر دا کە حەفتا کەستان لێ کوشتنو حەفتایشتان لێ دەسگیر کردن، جا ئەگەردەڵێن بۆچی ئێمە توشی ئەم بەڵایە بوین ئێمە لە بەدرا ئاوەها بوین بۆ دەبێ لێرەدا ئاوەها بین؟! خوای گەورە دەفەرموێ: ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: لە بەر خۆیان وایان لێهات ئەگینا ئێمە لە سەرەتاوە ئەوەی کە خۆتان پێتان خۆش بوو پێمان دان، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە خۆتان سەرپێچی ئەمری پێغەمبەری خواتان کرد و ناکۆکیتان تێ کەوتو ترس کەوتە دڵتانەوەو ئەمەتان بە سەر هات بە راستی خوا خاوەنی دەسەڵاتە بە سەر هەمو شتێکدا، وە خوا دەتوانێت هەموو شتێك بكات و دەتوانێت موسڵمان شەڕ نەکاتو کافر بشکێنێت بەڵام بڕیاری خوا وانیە بڕیاری خوا ئەوەیە کە موسڵمانانو کافران شەڕ بکەن ئینجا هەندێ جار سەرکەوتن بە کافرەکان بدات هەتا بە چاکی ریزی موسڵمانان پاك بکاتەوە. ئینجا بە دڵنیاییەوە خوا خاوەن باوەڕان سەر دەخات لە ریوایەت دا هاتوە کە ئەو حەفتا کەسەی لێرە شەهید بوون تۆڵەی ئەوەبوو کە لە بەدردا حەفتاکەسیان گرت نەیان کوشتنو فیدیەیان لێ وەرگرتن _ئیبنو کەسیر.

﴿١٦٦﴾ ئەوەی کە دووچارتان بوو ئەو رۆژەی ئەو دوو کۆمەڵە گەیشتن بە یەك کە لە سەرەتاوە پیرۆزیتان بە دەست هێناوله پاشان شکەستتان خوارد ئەوسا ئەوە بە ئیرادەو ئیزنی خوا بوو هەتا دەرکەوێت ئیماندارانی راستو دروست.

﴿١٦٧﴾ وە تا دەرکەوێت ئەو کەسانەی کە مونافقنو دووڕون، وە بێژرا بەعەبدوڵای کوڕی ئوبەیو هاودەستانی کە لە ئوحود گەڕانەوە وەرن شەڕ بکەن لە رێگای خوادا یان پارێزگاری بکەینو دوعا بکەینو ژمارەی موسڵمانان زیاد بکەین وتیان: ئەگەر ئێمە بزانین کە شەرە ئێمەش لە گەل ئێوەدا دەبوین دەڵێن: کاتێ کە عەبدوڵا گەرایەوە بە خۆیو مونافقەکانی رەفیقی، عەبدوڵای کوڕی عەمر باوکی جابر چوو بە شوێنیاندا وئەو قسانەی لە گەڵدا کردن، بەڵام نەگەڕانەوە چونکە ئەوان ئەو رۆژە لە بێ باوەڕیەوە نزیك تر بوون هەتا ئیمان کەبە دەمیان شتێك دەڵێن کە ئەو شتە نیە لە ناو دڵیاندا وە ﷲ زاناترە لە خۆیان بەوەی کە ئەوان دەیشارنەوە لە ناو دڵیاندا. ئەم مونافقانە تەنها بە خۆ دزینەوەش رازی نەبوون بەڵکو دەیان قسەی ناڕەوایان دەکرد بۆ ئازار دانی خاوەن باوەڕان وەکو لە پێشدا هەندێکی باسکرا.

﴿١٦٨﴾ ئەوکەسانەی کە بە براکانیان دەوت ئەگەر ئەوان بە گوێی ئێمەیان بکردایە و نەچونایە بۆ شەڕ نەدەکوژران جاخوا دەفەرموێ: ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: دەی ئەگەر زیرەکنو راست دەکەن با مەرگ لە خۆتان لابدەن، ئینسان هەر دەبێ بمرێت، بەڵام مردن دوو جۆرە مردنی بەئامانجو مردنی بێ ئامانج ئەوانەی کە دوای دنیا کەوتوون نین لە بیری پاشەرۆژداو دەمرنو بێ ئامانجن لەو مردنەدا، مردنی بە ئامانج مردنی ئەو کەسانەیە کە دنیا دەناسنو دەزانن بۆ تاقیکردنەوە دروست کراونو قۆڵی مەردانەی لێ هەڵدەکەنو لە هیچ ئیشێکی چاك کەم

تەرخەمی ناکەنو بۆ ئەنجامدانی بڕیارەکانی خواو پێغەمبەرەکەی لە هیچ کۆسپێك سڵ ناکەن تا لەو پێناوەدا سەری خۆی دادەنێنو دەچنەوە بەردەم بارەگای خوای خۆیانو خوایش بەو کەسانە دەفەرموێ:

(١٦٩) هەرگیز گومان نەبەن بەوانەی کە کوژراون لە ڕێگای خوادا کە ئەوانە مردون نەخێر ئەوانە زیندونو لای خوای خۆیان ڕزقیان هەیە. ئەمە زۆر بە هێزترە لەوەی کە لە سورەتی بەقەرە /١٥٤ دا هاتوە کە دەفەرموێ: ﴿وَلاَ تَقُولُوا/ نەڵێن﴾ لێرە دەفەرموێ: گومانیش نەکەن لەوانەیە هەندێك لە موسڵمانان لە بەر خاتری ڕێز بۆ شەهیدەکان بڵێن: شەهید بوون، بەڵام لە دڵیاندا شتێك ببێت، خوا دەفەرموێ: هیچ گومانێکتان نەبێت ئەوانە نەمردون ئەوانە زیندون، چۆن؟ چونکە حەیاتی ئینسان بریتیە لە دوو شت یەکێکیان خواردنو ئیسراحەتە ئەوی تریان بریتیە لە جموجۆڵو ئیش کردن. ئەو کەسەی کە شەهید دەبێت ئەوەیە بە نەسی قورئان﴿عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ /آل عمران: ١٦٩/ڕزقیان پێ دەدرێت لە لایەنی خوای خۆیانەوە﴾

جا ئەگەر چی شەهیدان لەم ژیانە کۆتایەی دنیادا لە بەر چاو نەماون، بەڵام بێ گومان گیانە شیرینەکەیان زیندوەو ڕۆزی پێ دەدرێت لەو ئارامگایەی کەتێیدان. ئیبنو جەریر لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەربارەی ئەو یارانەی پێغەمبەر ﷺ کە ڕەوانەی کردن بۆ لای خەڵکی (بیری مەعونە) دەڵێ نازانم چل یان حەفتا کەس بوون وە لە سەر ئەو ئاوە (عامر)ی کوڕی (توفەیل) ی جەعفەری لێ بوو، ئەو کۆمەڵە یارەی پێغەمبەر ﷺ چون هەتا گەیشتنە ئەشکەوتێك کە ئەینواڕی بە سەر ئەو ئاوە داو لەوێدا دانیشتن هەندێکیان بە هەندێکیان وت کامتان دەتوانن ئەم نامەی پێغەمبەر ﷺببەن بۆ ئەو خەڵکە ئەنەس وتی وائەزانم کە: حەرامی کوڕی مەلحان ی یارمەتی دەر وتی: من نامەی پێغەمبەریان بۆ دەبەم، جا چو هەتا نزیکی ئاوەدانیەکەی ئەوان بویەوەو لە بەردەم ماڵەکاندا خۆی حەشارداو ئینجا وتی: ئەی خەڵکی (بیری مەعونە) بە ڕاستی من ڕەوانە کراوی پێغەمبەری خوام بۆ لای ئێوە (انی اشهد ان لا اله الا الله وان محمدا عبده ورسوله) دەی ئێوەیش باوەڕ بهێنن بە خواو بە پێغەمبەرەکەی. پیاوێك لەوان بە ڕمێکەوە بۆی چوو دای لە کەلەکەی و لە کەلەکەی تریەوە دەرچوو حەرام کە ئەوەی دی وتی:"الله اکبر فزت ورب الكعبة/ خوا لە هەمو شت گەورترە سویند بە خوای کەعبە سەرکەوتم" ئینجا بە ڕێگای ئەودا ڕۆیشتن تا گەیشتنە ڕەفیقەکانی لەو ئەشکەوتەداو عامری کوڕی توفەیل هەموویانی شەهید کرد. ئیسحاق دەڵێت ئەنەسی کوڕی مالیك قسەی بۆ کردم: کە خوا دەربارەی ئەوان چەند ئایەتی قورئانی ڕەوان کرد کەداوایان کردبو لەخوا کە ئەم ڕوداوەی ئەوان بە پێغەمبەرﷺ بگەیەنێت کەوتیان لە باتی ئێمەدا بە گەلەکەمان بگەیەنن کە ئێمە گەیشتین بە خوای خۆمانو ئەو ڕازی بوو لە ئێمەو ئێمەش ڕازی بووین لەو) لە پاشان ئەمە سڕایەوەو بەرز کرایەوە دوای ئەوەی کە ماوەیەك بۆ ئێمە دەمان خوێندەوە جا خوا ئەمەی دابەزاند ﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴾ آل عمران: ١٦٩

ئیمامی مسلم بۆمان باس ئەکات کە مەسروق دەڵێت: سەبارەت بەم ئایەتە پرسیمان لە عەبدوڵا وتی ئێمەیش پرسیارمان کرد لە بارەیەوە فەرموی: {أَرْوَاحُهُمْ فِي جَوْفِ طَيْرٍ خُضْرٍ لَهَا قَنَادِيلُ مُعَلَّقَةٌ بِالْعَرْشِ تَسْرَحُ مِنْ الْجَنَّةِ حَيْثُ شَاءَتْ ثُمَّ تَأْوِي إِلَى تِلْكَ الْقَنَادِيلِ فَاطَّلَعَ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ اطِّلَاعَةً فَقَالَ هَلْ تَشْتَهُونَ شَيْئًا قَالُوا أَيَّ شَيْءٍ نَشْتَهِي وَنَحْنُ نَسْرَحُ مِنْ الْجَنَّةِ حَيْثُ شِئْنَا فَفَعَلَ ذَلِكَ بِهِمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ فَلَمَّا رَأَوْا أَنَّهُمْ لَنْ يُتْرَكُوا مِنْ أَنْ يُسْأَلُوا قَالُوا يَا رَبِّ نُرِيدُ أَنْ تَرُدَّ أَرْوَاحَنَا فِي أَجْسَادِنَا حَتَّى نُقْتَلَ فِي سَبِيلِكَ مَرَّةً أُخْرَى فَلَمَّا رَأَى أَنْ لَيْسَ لَهُمْ حَاجَةٌ تُرِكُوا/ گیانی ئەوان لە ناو لەشی باڵندەیەکی سەوزدایە کە چرایەکی بەسراو بە عەرشی هەیە، دەسوڕێتەوە لە بەهەشت دا هەر کوێی دەوێ بە ئارەزۆی خۆی لە پاشان دەگەڕێتەوە لای ئەو چرایە لەو کاتەدا خوا خۆی پێشان دان بەو شێوەیەی کە خۆی دەزانێت: فەرموی: چیتان پێ خۆشە؟ وتیان چ شتێکمان پێ خۆش بێت ئێمە لە بەهەشت دا بە ئارەزۆی خۆمان دەسوڕێینەوە؟ سێ جار خوای گەورە ئەم گفتو شنۆدەی لە گەڵدا کردن، کاتێ دیبان کە وازیان لێ ناهێنرێت هەتا داوای شتێك نەکەن،

وتیان: ئەی پەروەردگارمان دەمانەوێت کە زیندومان بکەیتەوە هەتا جارێکی تر بکوژرێینەوە لە سەر رێبازەکەی تۆ، دوای کە زانرا بێجگە لەو داوایە داوایەکی تریان نیە وازیان لێ هێنرا} جابیر دەڵێ کاتێ باوکم شەهید بوو لە ئوحوددا هەر سەرم دەدێرایەوەو دەگریام، یارەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بەرگریان لێ دەکردم، بەڵام پێغەمبەر ﷺ بەرگری نەکردم جا فرمانی دا کە بەرزکرایەوە ولەو کاتەدا پێغەمبەر ﷺ گویی لەدەنگی گریان بو فەرموی:{مَنْ هَذِهِ فَقَالُوا بِنْتُ عَمْرٍو أَوْ أُخْتُ عَمْرٍو فَقَالَ وَلِمَ تَبْكِي فَمَا زَالَتْ الْمَلَائِكَةُ تُظِلُّهُ بِأَجْنِحَتِهَا حَتَّى رُفِعَ/ متفق عليه/ئەمەکێیە؟وتیان کچی یان خوشکی عەمرە جافەرموی دەی بۆ دەگریت؟ ئەوە فریشتەکان بێ پسانەوە بە باڵەکانیان سێبەریان بۆ دەکرد هەتا بەرز کرایەوە}

باوکی جابیر ئەو عەبدوڵایە بوو کە بانگی کردە عەبدوڵای کوڕی ئوبەیو ئاموژگاری کرد کە نەگەڕێتەوە جا وائەم گەیشت بەو پاداشتە گەورەیەو ئەویش بەو شێوەیە سەر شۆڕی هەردوو دنیا بوو، بەڵێ شەهید زیندونو بەو مەرگەی ژیانی هەتا هەتایی بۆ خۆی بە دەست دێنێتو راستیو دروستی بیر وباوەڕەکەی دەچەسپێنێو یارەکانی پاش خۆی گەرم دەکات لە سەر خەباتو تێکۆشانو گیان فیداییو شادمانو دلخۆشن بە ئیشو بە پاداشتەکانیان وەکو لێرەدا دەفەرموێ:

١٧٠ زۆر کەیف خۆشوشادمانن بەو بەخششەی کە ﷲ بە گەورەیی خۆی پێی داونو مژدە دەدەن بەوانەی کە پێیان نەگەیشتون و هێشتا شەهید نەبون کە بۆ ئەوان هیچ ترسێك نیە و ئەوان ئیترهیچ پەژارەیەکیان نابێت.

١٧١ مژدە دەدەن بە نیعمەتێکی گەورەلەلایەن خودا وەو زیادە بەخشینیشو بەوەی کە بێگومان بن کە خوا پاداشتی خاوەن باوەڕان زایە ناکات.

جابیر دەڵێ: پێغەمبەری خوا جارێك تەماشای کردمو فەرموی: بۆ وا داماویت؟ جابیر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ باوکم شەهید بوەو ماڵو مناڵو قەرزێکی زۆر کە لای بوە بە جێماوە بۆمو حەوت خوشکی گەورەم هەیە، بۆیە ئاوەها داماوم، پێغەمبەر ﷺ فەرموی ئایا پێت بڵێم کە خوا لە گەل هیچ کەسێکدا قسەی نەکردوە مەگەر لە پشتی پەردەوە بێت بە راستی روبەڕو قسەی لە گەڵ باوکتا کردو فەرموی: داوام لێ بکە پێت دەدەم باوکت وتی: داوات لێ دەکەم کە بمبەرەوە بۆ دنیا تا دوبارە لە رێگای خوادا شەڕ بکەم و بکوژرێمەوە، پەروەردگار فەرموی: تازە ئەو گەڕانەوە نابێت، ئینجا باوکت وتی: کە مادام ناگەڕێمەوە دەی ئەم وەزعەی ئێمە بگەیەنن بەوانەی کە ماون لە دنیادا تا بەخیلی بە ماڵو بەگیانیان نەکەن، خواش ئەم ئایەتانەی نارد ﴿ وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتَۢاۚ بَلۡ أَحۡيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمۡ يُرۡزَقُونَ ﴾ ئالی عیمران: ١٦٩

کاتێ ئەبو سوفیان لە جەنگی ئوحود دا بەرەو مەکە گەڕایەوە لە رێگا دەستی کرد بە وتو وێژ لە گەل موشریکەکانی رەفیق ی و وتیان: ئێمە ئیشێکی خراپمان کرد موسڵمانانمان تارو مار کردو بریندارمان کردنو ئیشەکەمان یەکسەرە نەکردەوە هەمویان هاتنە سەر ئەوڕایە کە بگەڕێنەوە بۆ سەر مەدینەو بە تەواوی موسڵمانان لە بەین ببەن جا ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەر ﷺ بانگی کردە ئەو هاوەڵانەی کە لە ئوحود بوون کە دەربچن بە شوێن ئەو کافرانەدا کوتو پڕ هەمویان ئامادە بون هەرچەندە هەندێکیان بریندار بوون بەو برینداریەشەوە هاتنە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ تا لە گەلی دا بڕۆن، ئینجا خوا باسی ئەو موسڵمانانە دەکاتو دەفەرموێ:

١٧٢ ئەوکەسانەی کە وەڵامی خواو پێغەمبەری خوایان ﷺ دایەوە پاش ئەوەی کە بریندار ببوون، ئینجا خوا مژدەیان دەداتێو دەفەرموێ: بۆ ئەو کەسانەی کە چاکەیان کردوە لەوانو لە خوا ترساون پاداشتێکی زۆر گەورەیان بۆهەیە.

جا پێغەمبەر ﷺ بێ وەستان تا ناوچەی (حەمرائو لئەسەد) رۆیشتو لەو کاتەدا قافڵەیەکی بازرگانی (عبدالقیس) دەهات بۆ مەدینە ئەبو سوفیان هەندێ پارەی پێدا کە دیعایەی بۆ بکاتو موسڵمانان بترسێنێت ئەوەتە خوا دەفەرموێ:

١٧٣ ئەوکەسانەی کە هاتنو پێیان وتن: قورەیش دووبارە هێزێکی گەورەی کۆ کردوتەوەو دەیەوێت دووبارە بێتەوە سەرتان جا لەو حاڵەتە شکەست وسەختەدا ئەوان

نەترسانو وتیان: خوا بەسە بۆ ئێمە، وە ئەو باشترین پشتیوانە. بەم شێوەیە باوەڕەکەیان زیاترو بە تین تر بوو.

﴿١٧٤﴾ جا بە بۆنەی ئەم هەڵوێستە جوانەی کە هەیان بوو ئەو وەزعەیان لە سەر لاچوو خوا لە باتی ئەو ناخۆشیانە نیعمەتێکی فرەوانی پێدان ئەوەبو لەم غەزای (حەمرائو الئەسەد) دا موسڵمانان توشی قافڵەیەکی بازرگانی بوونو کرین وفرۆشتنیان کردو سودێکی باشیان دەست کەوت و هیچ خراپەیەکی تریان توش نەبو لەو سەفەرەدا وە ئەوان هەربەدوای رەزامەندی خوا دا بوون و خواش خاوەنی بەرەکەتو سامانێکی گەورەیە. وشەی ﴿ فَضۡلٍ ﴾ زیاتر مەبەستی ماڵە. جا ئەو هەڕەشەو گورەشەی ئەوانە نەیتوانی موسڵمانان سستو لاواز بکات بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر موسڵمانان ورەیان بەرزتر بویەوەو ئەو هەڕەشەو گورەشەیان بە فرتو فێڵی شەیتانو شەیتان سیفەتان زانیو گوێیان نەدایە هەروەکو خوا دەفەرموێ:

﴿١٧٥﴾ ئاگاتان لێ بێت ئەوە شەیتانە دەیەوێت ئێوە لە دۆستەکانی خۆی بترسێنێت جا ئێوە نەترسن لەوانو ئەگەر ئێوە باوەڕدارن لە من بترسن. چونکە ئێوە دوستی خودان و خودا خۆی بەسە بۆ دۆستەکانی وەکو لە سورەتی (زومەر) /٣٦ دا دەفەرموێ:﴿ئایا خوا بەس نیە بۆبەندەکانی خۆی؟﴾

﴿١٧٦﴾ وەبا تۆ خەمبار نەکەن ئەوانەی کە پەلە دەکەن لە کوفرو فەساد دا چونکەبە راستی ئەوانە هیچ زیانێك بە خودا ناگەیننو خۆیان زیان ئەکەن بۆ کوێ دەچنو چۆن لە دەستی خوا رزگار دەبن؟ ئەگەر خوا بەو بێ باوەڕانە ماوە دەدات ئەوە نیشانەی ئەوە نیە کە ئەوان رزگار دەبن بەڵکو خوای گەورە دەیەوێت لە دوارۆژدا هیچ بەشێکیان نەبێتو سزایەکی گەورەیان بۆ هەیە. ئینجا خوای گەورە هەواڵمان پێ دەداتو دڵنیامان دەکاتەوە کە:

﴿١٧٧﴾ بەبێگومان ئەوانە کە کوفر دەکڕن بە باوەڕ ئەوانە هەرگیز هیچ زیانێك لە خوا نادەن، وە بۆ ئەوان هەیە سزایەکی دەردناك. هەروەها دەفەرموێ:

فَٱنقَلَبُواْ بِنِعۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضۡلٖ لَّمۡ يَمۡسَسۡهُمۡ سُوٓءٞ وَٱتَّبَعُواْ
رِضۡوَٰنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَظِيمٍ ﴿١٧٤﴾ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ
يُخَوِّفُ أَوۡلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمۡ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٧٥﴾
وَلَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِۚ إِنَّهُمۡ لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ
شَيۡـٔٗاۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَلَّا يَجۡعَلَ لَهُمۡ حَظّٗا فِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ
عَظِيمٌ ﴿١٧٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلۡكُفۡرَ بِٱلۡإِيمَٰنِ لَن يَضُرُّواْ
ٱللَّهَ شَيۡـٔٗا وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١٧٧﴾ وَلَا يَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ
أَنَّمَا نُمۡلِي لَهُمۡ خَيۡرٞ لِّأَنفُسِهِمۡۚ إِنَّمَا نُمۡلِي لَهُمۡ لِيَزۡدَادُوٓاْ إِثۡمٗاۚ
وَلَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴿١٧٨﴾ مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَىٰ مَآ
أَنتُمۡ عَلَيۡهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلۡخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُطۡلِعَكُمۡ
عَلَى ٱلۡغَيۡبِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَجۡتَبِي مِن رُّسُلِهِۦ مَن يَشَآءُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ
وَرُسُلِهِۦۚ وَإِن تُؤۡمِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَلَكُمۡ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ﴿١٧٩﴾ وَلَا
يَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَبۡخَلُونَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦ هُوَ خَيۡرٗا
لَّهُمۖ بَلۡ هُوَ شَرّٞ لَّهُمۡۖ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُواْ بِهِۦ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ
وَلِلَّهِ مِيرَٰثُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ﴿١٨٠﴾

﴿١٧٨﴾ با بێ باوەڕان وا گومان نەکەن کە ئێمە مۆڵەتیان دەدەین ئەوە شتێکی چاکە بۆیان ئێمە هەر مۆڵەتیان لەبەر ئەوە دەدەین تا گوناهی زیاتر بکەن وە بۆ ئەوان هەیە سزایەکی سەختی وا کەگاڵتەیان پێ دەکاتو سەرشۆڕیان دەکات. خۆ ئەوان دەرناچن لە دەستی سزاو نەختە نەختە دێنەوە بەرەو دادگاو سزاو رۆژ بە رۆژو هەنگاو بە هەنگاو خۆیان لە سزای خوا نزیك دەکەنەوە بیانەوێ یان نەیانەوێ. ئینجا موسڵمانانیش با وا نەزانن کەوتیان ئیماندارین ئیتر وازیان لێ بهێنرێت. وەکو لە پێشەوە فەرموێ: ئەم سزاو شکستیانەیان بەسەردا دەدەین بۆ تاقیکردنەوەی موسڵمانانو لەخۆبایبونی خوانەناسان. ئینجا خوای گەورە بە شێوەیەکی رونتردەفەرموێ:

﴿١٧٩﴾ خوای گەورە واز لە ئیمانداران ناهێنێت، هەر بەمە کە بڵێن ئێمە ئیماندارین لە گەل بوونی مرۆڤی دوورووو هەلپەرستو گەندەڵدا، هەتا پیس وپاك لە یەك جیا دەکاتەوە، خوای گەورە ئێوەی ئاگادار نەکردوەتەوە لە سەر شتە شاراوەکان ئێوە نازانن باش کێیەو خراپ کێیە بەڵام بەو شەڕو بەزم وهەرایە ئەوەی کە موسڵمانو پاڵفتە بێت

دەردەكەوێتو ئەوەی ناخالسیش بێت دەردەكەوێت، وە بەراستی خوای گەورە هەڵدەبژێرێت لەناونێردراوەكانی خۆی دا ئەو كەسەی كە ئارەزۆی لێ بێتو شتانێكی پەنامەكیان پێ دەڵێت دەی ئیمان بێنن بە خواو بە هەمو پێغەمبەرەكانی، وە ئەگەر ئیمانتان هێناو لە خوا ترسان بەو شێوەی كەشیاوبێت ئەوسا بۆ ئێوە هەیە پاداشتێكی گەورە. هیچ كەسێك نیە كە دۆستو دوژمن لە یەك جیا نەكاتەوەو ریزی دۆستانی خۆی پاك نەكاتەوە دەی چۆن دەبێ خوای داناو زانا هەروا بێ تاقیكردنەوەو پاك كردنەوەی ریزی دۆستانی دەستەو سان بێت؟ نەخێر، ئەمەش دەمكوتێكە بۆ ئەو كەسانەی كە ئەگەر موسڵمانێك توشی بەڵایەك هات دەڵێن: ئەگەر پیاوی چاك بوایەو راستی بكردایە وای لێ نەدەهات بە راستی ئەمە قسەیەكی نارەوایەو بۆ چونێكی هەڵەیە، چونكە پرسیاركرا لەپێغەمبەرمانﷺ كە كێ لە هەموكەس تەنگو چڵەمەو گرفتاری زۆری بەسەردا هاتوە؟ فەرموی:{الْأَنْبِيَاءُ ثُمَّ الْأَمْثَلُ فَالْأَمْثَلُ فَيُبْتَلَى الرَّجُلُ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ فَإِنْ كَانَ دِينُهُ صُلْبًا اشْتَدَّ بَلَاؤُهُ وَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ رِقَّةٌ ابْتُلِيَ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ فَمَا يَبْرَحُ الْبَلَاءُ بِالْعَبْدِ حَتَّى يَتْرُكَهُ يَمْشِي عَلَى الْأَرْضِ مَا عَلَيْهِ خَطِيئَةٌ /الترمذي، صححه الالباني/ ئەوەی كە زیاتر لە هەموكەس دوچاری سەختی بوبێت پێغەمبەرانن لە پاشان كێ لەچاكیدالەوان نزیكتر بێت جا هەركەسێك بەگوێرەی ئایینەكەی تاقی دەكرێتەوە جائەگەر لەئایینەكەیدا بتەوبێت تاقیكردنەوەكانی توند ترە، وەئەگەر لەئایینەكەیدا لاوازبێت تاقیكردنەوەكەشی بەگوێرەی ئایینەكەیەتی ئەوسا تاقی كردنەوە لەسەر بەندەی خواناس لاناچێت تاكاتێ بەجێی هێشت بەوسەر زەوییەدا دەڕوات كە هیچ تاوانێكی بەسەرەوەنامێنێت} كەوابو ئەم بۆ چونە بۆ چونێكی هەڵەیە كە بڵێن كابرا ئەگەر موسڵمانە بۆ ئاوەهای لێ هاتوە؟ لە راستی دا بەڵاو موسیبەت بۆ تاقیكردنەوەیەو بەڵكو موسڵمانان زیاتر لەكافران توش دەكات، ئینجا ئەگەر لەو تاقیكردنەوەیە دەرچوو وەكو زێڕێكی پاڵفتە كراو دەمێنێتەوە كەواتە كافران نابێ وا گومان بكەن كە مۆڵەتیان پێ دراوەو تۆڵەیان لێ نەسەنراوە ئیتر خۆشیان رابواردوەو خۆشبەختن ئەوان سزایەكی گەورەیان بۆ ئامادە كراوەو ئێمەی موسڵمانیش ئەگەر راست بكەین پاداشێكی زۆر گەورەمان بۆ دانراوە. بەڵێ بەم تاقیكردنەوەی جەنگی ئوحودە ریزی خواناسان لە مونافق وە هەلپەرەستان جیا كرایەوەو بەم شێوەیە شاراوەكانی ئاشكرا كرد تا خاوەن باوەڕان راستو ناڕاست لە یەك جیا بكەنەوە. تا ئێرە باسی جەنگی ئوحود بو، جا خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی ئەو كەسانە دەكات كە ماڵیان پێ دەدرێتو نایبەخشن لە رێگای خواداو پێیان وایە ئەو دەوڵەمەندیە بە بۆنەی عیلم وزرەنگی خۆیانەوە دەستیان كەوتوە، قارون ئاسا خۆیانی پێ هەڵدەكێشن جاخوای گەورە دەفەرموێ:

(١٨٠) با گومان نەكەن ئەوانەی كەرژدی دەكەن بەوەی كەخوا لەنیعمەتی فرەوانی خۆی رژاندویەتی بە سەریانداو بەشی خوای لێ نادەن ئەمە شتێكی چاكە بۆیان نەخێر ئەو ماڵە شەڕو سزایە بۆیان بەم زوانە ئەوماڵەی كە رژدوبەخیلێ بون لەخێروچاكەكردن تێیدا دەكرێ بە تەوقێكو دەكرێتە ملیان لە رۆژی قیامەتداو لەعاقیبەتدا ئاسمانانو زەوی تەنها بۆ خوا دەمێنێتەوەو هەموو زیندەوەرێك دەمرێتو هیچ كەس نامینێتو خوا ئاگادارە بەو ئیشەی كە دەیكەن. لە شوێنێكی تردا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ئەوزێڕو زیوەی كە كۆیان كردۆتەوە دەكرێت بەپارچە ئاسنی گەورەو داغ دەكرێت و دەنرێت بەناوچاوانیانو تەنیشتیانو پشتیانەوەو پێیان دەفەرموێ: ها ئەوەیە كە كۆتان كردوەتەوە بیخۆن﴾ (تەوبە/٣٤ -٣٥) وە پێغەمبەری خوا ﷺدەفەرموێ:{مَا مِنْ صَاحِبِ ذَهَبٍ وَلَا فِضَّةٍ لَا يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا إِلَّا إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ صُفِّحَتْ لَهُ صَفَائِحُ مِنْ نَارٍ فَأُحْمِيَ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَيُكْوَى بِهَا جَنْبُهُ وَجَبِينُهُ وَظَهْرُهُ كُلَّمَا بَرَدَتْ أُعِيدَتْ لَهُ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ الْعِبَادِ فَيَرَى سَبِيلَهُ إِمَّا إِلَى الْجَنَّةِ وَإِمَّا إِلَى النَّارِ قِيلَ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَالْإِبِلُ قَالَ وَلَا صَاحِبُ إِبِلٍ لَا يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا وَمِنْ حَقِّهَا حَلَبُهَا يَوْمَ وِرْدِهَا إِلَّا إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ بُطِحَ لَهَا بِقَاعٍ قَرْقَرٍ أَوْفَرَ مَا كَانَتْ لَا يَفْقِدُ مِنْهَا فَصِيلًا وَاحِدًا تَطَؤُهُ بِأَخْفَافِهَا وَتَعَضُّهُ بِأَفْوَاهِهَا كُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ أُولَاهَا رُدَّ عَلَيْهِ أُخْرَاهَا فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ

حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ الْعِبَادِ فَيَرَى سَبِيلَهُ إِمَّا إِلَى الْجَنَّةِ وَإِمَّا إِلَى النَّارِ قِيلَ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَالْبَقَرُ وَالْغَنَمُ قَالَ وَلَا صَاحِبُ بَقَرٍ وَلَا غَنَمٍ لَا يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا إِلَّا إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ بُطِحَ لَهَا بِقَاعٍ قَرْقَرٍ لَا يَفْقِدُ مِنْهَا شَيْئًا لَيْسَ فِيهَا عَقْصَاءُ وَلَا جَلْحَاءُ وَلَا عَضْبَاءُ تَنْطَحُهُ بِقُرُونِهَا وَتَطَؤُهُ بِأَظْلَافِهَا كُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ أُولَاهَا رُدَّ عَلَيْهِ أُخْرَاهَا فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ الْعِبَادِ فَيَرَى سَبِيلَهُ إِمَّا إِلَى الْجَنَّةِ وَإِمَّا إِلَى النَّارِ /مسلم وغيره/ وە هیچ خاوەن زێڕو زیوێك نیە كە حەقی خۆی لێ نەدات مەگەر ڕۆژی قیامەت هات ئەوپارەو زێڕەی كە كۆیان كردوەتەوەو زەكاتیان لێ نەداوە دەكرێت بە پارچە ئاسنێك كەبەئاگری دۆزەخ سور كراوەتەوەو تەنشتوناوچاوو پشتی پێ داخ دەكرێت لە ڕۆژێكدا كە ماوەی پەنجا هەزار ساڵە جا هەر كاتێك سارد دەبێتەوە دووبارە داخ دەكرێتەوە هەتا بڕیاری تەواو دەدرێت لەنێوان بەندەكاندا یان بۆبهەشت یان بۆدۆزەخ، بیژرا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺئەی حوشتر فەرموی: هیچ خاوەن خوشترێك نیە كە حەقی نەدابێت، وەلەوحەقانەشی دۆشینێتی لەرۆژی ئاودانیدا مەگەر بهێنرێت لەرۆژی قیامەتداوراخرێت بۆی لەدەشتێكی تەختو پانوپۆڕتر لەوەی كەبوە یەك بەچكەحوشتریشی ون نابێت كەبەسمەكانیان دەیشێلنوقەپی پێدا دەكەن كاتێك كە یەكێكیان دەڕوات ئەوی تریان دەگێڕنەوەسەریان لە ڕۆژێكدا كە ماوەی ئەو ڕۆژە پەنجا هەزار ساڵە هەتا بڕیاری تەواو دەدرێت لەنێوان بەندەكاندا یان بۆبهەشت یان بۆدۆزەخ ، بیژرا ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئەی رەشەوڵاخو ماڵات؟ فەرموی: هیچ خاوەنی رەشەوڵاخو ماڵاتێك نیە كەحەقی نەدابن مەگەر كاتێ كەقیامەت هات لەدەشتێكی تەخت دا دادەخرێت بۆ ئەو بەسەزمانانەو هیچیان ون نابنو نەشاخ پێچراونەشاخ لارو نەشاخ شكاوی تێدایە بەڵكو هەمویان شاخیان ڕاستەوتیژە كە بەشاخانەیان لێیان دەدەنوبە قولەسمەكانیان دەیان شێلن كاتێك كە یەكێكیان دەڕوات ئەوی تریان دەگێڕنەوەسەریان لە ڕۆژێكدا كە ماوەی ئەو ڕۆژە پەنجا هەزار ساڵە هەتا بڕیاری تەواو دەدرێت لەنێوان بەندەكاندا یان بۆبهەشت یان بۆدۆزەخ} ئابەم شێوەیە سزا دەدرێن.

لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُ
سَنَكْتُبُ مَا قَالُوا۟ وَقَتْلَهُمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ
ذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿١٨١﴾ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ
وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿١٨٢﴾ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ
ٱللَّهَ عَهِدَ إِلَيْنَآ أَلَّا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىٰ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ
تَأْكُلُهُ ٱلنَّارُ ۗ قُلْ قَدْ جَآءَكُمْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِى بِٱلْبَيِّنَٰتِ
وَبِٱلَّذِى قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٨٣﴾
فَإِن كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ جَآءُو بِٱلْبَيِّنَٰتِ
وَٱلزُّبُرِ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُنِيرِ ﴿١٨٤﴾ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ
وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۖ فَمَن زُحْزِحَ
عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ ۗ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ
إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴿١٨٥﴾ ۞ لَتُبْلَوُنَّ فِىٓ أَمْوَٰلِكُمْ
وَأَنفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ
مِن قَبْلِكُمْ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَذًى كَثِيرًا ۚ
وَإِن تَصْبِرُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴿١٨٦﴾

سەبارەت بەوانەی كە ماڵیان هەیەو زەكاتی لێ نادەن فەرمودە زۆرە بەڵام ئێمە لێرەدا بەم فەرمودەیەی كە ئەبو هورەیرە دەیگێڕێتەوە دێینەكۆتایی كە دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: {مَنْ آتَاهُ اللَّهُ مَالًا فَلَمْ يُؤَدِّ زَكَاتَهُ مُثِّلَ لَهُ مَالُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ شُجَاعًا أَقْرَعَ لَهُ زَبِيبَتَانِ يُطَوَّقُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ يَأْخُذُ بِلِهْزِمَتَيْهِ يَعْنِي بِشِدْقَيْهِ ثُمَّ يَقُولُ أَنَا مَالُكَ أَنَا كَنْزُكَ ثُمَّ تَلَا ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ ...﴾ /البخاری/ هەر كەسێك خوا ماڵی بداتێو زەكاتی نەدات لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو ماڵەی بۆ دەكرێت بە مارێكی گەورەی وا كە لە بەر ژاری زۆری كەچەڵەو ددانی تیژی هەیەودەخرێتە ملی لەرۆژی قیامەتدا لەپاشان بەهەردو كەلاوەی لێوی كابرا دەگرێتو پێ دەڵێت: من ماڵەكەتم، من خەزینەكەتم، لە پاشان ئەم ئایەتەی تا ئاخر خوێندوە ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ ...﴾ }

ئینجا خوای گەورە قسەیەكی ناشیرینی بێ باوەڕان وئەهلی كتێب ئاشكرا دەكاتو دەفەرموێ:

﴿١٨١﴾ با چاك بزانن كە خوای گەورە بیستی قسەی ئەوانەی كە دەیان وت: بێگومان كەخوا فەقیرەو ئێمە دەوڵەمەندین

بەم زوانە دەی نوسین ئەوەی کە ئەوان وتیان‌و هەروەها بەناڕەواکوشتنی پێغەمبەرانیش، ئەوانەدێنەوە بەر دەستمان‌و جەهەنەمیان بۆ داخ دەکەین‌و پێیان: دەڵێین بچنە ناو ئەو سزایەو بچێژن سزای سوتێنەر. چونکە ئێوە دڵی پیاو چاکان‌و پێغەمبەرانتان سوتاندوەو واتان دەزانی ئیشی باش دەکەن جا بخۆن عافیەتتان بێت ئەو ئاگرە سوتێنەرە. دەڵێن هەندێك لە کافرەکان کاتێك کە خوای گەورە فەرموی: کێ هەیە کەوا قەرزی جوان بدات بە خوا، وتیان: خوا دیارە فەقیرەو داوای قەرزمان لێ دەکات ئا بەم قسە ناشیرینە وەڵامی خوایان دایەوە.

(١٨٢) ئەمەش بە بۆنەی ئەو کردارە پیسانەیە کە لە پێشەوە کردوتانە بۆیە وا سزا دەدرێن ئەگینا بەبێگومان خوا ستەم ناکات لە هیچ بەندەیەك بەڵکو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردوەو باوەڕیان بە پێغەمبەران نەهێناوە.

(١٨٣) ئەوانەی کە وتیان: بەراستی خوا پێی راسپاردوین کە باوەڕ نەهێنین بە هیچ پێغەمبەرێك، هەتا قوربانیەك نەکات‌و ئەو قوربانیە ئاگر نەیسوتێنێ جا ئەگەر راست دەکەیت‌و تۆپێغەمبەریت دەی قوربانی بکە بابسوتێت تا باوەڕت پێ بکەین ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: خۆ لە پێش منەوە پێغەمبەرانێك هاتن بە چەندین نیشانەی ئاشکراو بەوکارەش کە خۆتان دەیڵێن جائەگەر راست دەکەن دەی بۆ کوشتنتان؟.

(١٨٤) ئەی محمدﷺ ئەگەر تۆ بە درۆدەخەنەوەو باوەڕت پێ ناکەن نارەحەت مەبە چونکە تەنها تایبەتی تۆ نیە ئەم بە درۆ خستنەوەیان بە راستی بێ باوەڕ بوون بە پێغەمبەرانی پێش تۆش کە بە چەندین نیشانەی ئاشکراو بە زەبورو بە کتێبی روناك کەرەوە هاتبوون. ئینجا خوای گەوە هەواڵێکی گشتی رادەگەیەنێت‌و دەفەرموێ:

(١٨٥) هەموو گیان لەبەرێك تامی مردن دەکات‌و کەس لە مردن رزگاری نابێت‌و پاداشتی خۆتان هەر لە رۆژی قیامەتدا وەردەگرنەوە جا ئەو کەسەی کە دوور خرایەوە لە ئاگری جهەنەم‌و بخرێتە ناو بهەشتەوە بە راستی ئەو کەسە خۆشبەخت‌و رزگارەو ژیانی دنیا بێجگە لە کەلوپەلێکی سەرگەرم کەر شتێکی تر نیەوبەم زوانە نامێنێت وەکو لە سورەتی (رەحمان: ٢٦) دا دەفەرموێ: ﴿هەرکەس لەسەرئەم زەوییەدایەنامێنێ﴾.

(١٨٦) بەدڵنیاییەوە کەئێوە لەماڵ‌و لەگیانتاندا تاقی دەکرێنەوەو بەراستیش لەوانەی کە کتێبیان پێدراوە پێش ئێوەو لەوانەش کە هاوەڵیان بۆ خوا داناوە ئێش‌و ئازارێکی زۆرتان پێ دەگات، وە ئەگەر ئێوە سەبرتان ببێت وبەردەوام بن لە سەر عیبادەتی خواو لە خوا بترسن‌و دەست نەبەن بۆ خراپە وتاوان‌و خوا لە خۆتان عاجز نەکەن بە راستی ئەمە بەشێکە لە بەشە گرنگەکانی ئایین. ئەمە لە کاتێکدا دابەزی کە موسڵمانان کۆچیان کردە شاری مەدینەو موشریك‌و ئەهلی کتێب زۆر تانەو تەشەریان لێ دەدان‌و دڵی موسڵمانانیان بریندار دەکرد
بەم شێوەیە خوای گەورە دڵخۆشی کردن‌و فرمانی پێدان کە چاوپۆشیان لێ بکەن‌و خۆ بگرن هەتا خوا دەرگایەکتان لێ دەکاتەوە، وە ئەمە دڵخۆشیەکیشە بۆ هەمو موسڵمانان کە دوچاری سزاو ئێش‌و ئازار دەبن کە بە چاکی هەڵس‌و کەوت بکەن‌و خۆ بگرن تا بگەن بەو پلە بەرزە، بەڵام دەبێ خۆگرتن لە گەل ترسنۆکی دا جیا بکەینەوە خۆ گرتن ئەوەیە کە ئێوە خوا ناسی راستەقینە ئەنجام بدەن‌و سڵ لە هیچ کۆسپێك ناکەن‌و لە بەرامبەر تەنگ وچەڵەمەوە هەراسان نەبن‌و لە بەرنامەی خۆتان کۆڵ نەدەن، بەڵام ترسنۆکی وەکو ئەمڕۆی ئێمەیە کە راستی نەڵێین نەوەك توش ببین ئەوەندە باوەڕمان لاوازەو بێ ئاگاین لە قورئان‌و وا دەزانین ئەگەر بەو شێوەیە رەفتار بکەین‌و بتوانین ستەمکاران لە خۆمان رازی بکەین شتێکی ژیرانەو چاکمان کردوە بێ ئاگاین لەوەی کە خوا دەفەرموێ:

(١٨٧) وە بیر یان بخەرەوە ئەو کاتەی کە خوا پەیمانی وەرگرت لەوانەی کە کتێبیان پێ درابوو کە دەبێ ئەوکتێبە رۆشن بکەنەوە بۆ خەڵكو نابێ هیچی لێ بشارنەوە کەچی ئەوانە ئەو راستیانەیان پشت گوێ خستو لە بیری خۆیان بردەوەو بەو شاردنەوەیە لە دنیادا بەهرەیەکی کەمیان دەست کەوت ئای چ مامەڵەیەکی خراپیان کرد.

جولەکەو گاور هەردووکیان کتێبیان بۆ هاتوەو لە هەمویان پەیمان وەرگیراوە وە ئێمەش لەم قورئانەدا داوامان لێ کراوە کەئەم راستیانە نەشارینەوە با ئازاریش بدرێن چونکە یان دەبێ هەر موسڵمان نەبین یان دەبێ تاقی بکرێینەوەو راستو ناراست دەرکەوێت، ئینجا خوا هەڕەشە لەوانە دەکات کە راستی دەشارنەوە بۆ ئافەرینو دەفەرموێ:

(١٨٨) گومان نەکەیت ئەو کەسانەی کە کەیف خۆشن بەوەی کە وتویانە لە شاردنەوەی راستیو پێیان خۆشە کە سوپاس بکرێن بەو شتەی کە نەیانکردوە دەی سا گومان نەکەیت کە ئەوە دەبێت بەرزگارکەریان لە سزا، وە بۆئەوان سزایەکی بەژان هەیە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {مَنْ ادَّعَى دَعْوَى كَاذِبَةً لِيَتَكَثَّرَ بِهَا لَمْ يَزِدْهُ اللَّهُ إِلَّا قِلَّةً /مسلم/ هەر کەسێك قسەیەکی درۆ بکاتو ناراستێك بەراست دابنێت بۆ ئەوەی خۆی پێ زۆر بکات خوای گەورە بێجگە لە کەمی شتێکی تری پێ نادات} هەروەها دەفەرموێ:{الْمُتَشَبِّعُ بِمَا لَمْ يُعْطَ كَلَابِسِ ثَوْبَيْ زُورٍ /متفق عليه/ ئەو کەسەی کە خۆی بە تێر پێشان دەدات لە شتێك کە پێی نەدراوە وەك ئەو کەسە وایە کە دو پۆشاکی روکەشی پۆشی بێت}

دەڵێن هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوەبو کە جەماعەتێك هاتنە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ پێغەمبەر داوای شتێکی لێ کردن کە لە کتێبەکەی خۆیاندا نوسرابو ئەوانیش هاتن بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە کتێبەکەی خۆیاندا نوسرابوو بۆ پێغەمبەریان ﷺ خوێندەوە. ئینجا پێیان وت کە لە کتێبەکەی ئێمە وا نوسراوە جا تاقمێك لە خۆیان سوپاسیان کردن کە ئێوە پیاوی زرەنگو بە شەهامەت بون کە حەقیقەتەکەتان شاردۆتەوەو بە محمدتان ﷺ نەوتوە جا

وَإِذۡ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ
وَلَا تَكۡتُمُونَهُۥ فَنَبَذُوهُ وَرَآءَ ظُهُورِهِمۡ وَٱشۡتَرَوۡاْ بِهِۦ ثَمَنٗا
قَلِيلٗاۖ فَبِئۡسَ مَا يَشۡتَرُونَ (١٨٧) لَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡرَحُونَ
بِمَآ أَتَواْ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحۡمَدُواْ بِمَا لَمۡ يَفۡعَلُواْ فَلَا تَحۡسَبَنَّهُم
بِمَفَازَةٖ مِّنَ ٱلۡعَذَابِۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ (١٨٨) وَلِلَّهِ مُلۡكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ (١٨٩) إِنَّ فِي
خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ لَأٓيَٰتٖ
لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ (١٩٠) ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا
وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ
رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا سُبۡحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ (١٩١)
رَبَّنَآ إِنَّكَ مَن تُدۡخِلِ ٱلنَّارَ فَقَدۡ أَخۡزَيۡتَهُۥۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ
أَنصَارٖ (١٩٢) رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعۡنَا مُنَادِيٗا يُنَادِي لِلۡإِيمَٰنِ أَنۡ
ءَامِنُواْ بِرَبِّكُمۡ فَـَٔامَنَّاۚ رَبَّنَا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرۡ عَنَّا
سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلۡأَبۡرَارِ (١٩٣) رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا
عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخۡزِنَا يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ إِنَّكَ لَا تُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ (١٩٤)

ئەوانیش بەو سوپاسو هەڵنانەی هاوباوەڕەکانیان زۆر شادمان بوون، لەفەرمودەیەکدا هاتوەکە: أَنَّ رِجَالًا مِنْ الْمُنَافِقِينَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ كَانَ إِذَا خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِلَى الْغَزْوِ تَخَلَّفُوا عَنْهُ وَفَرِحُوا بِمَقْعَدِهِمْ خِلَافَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَإِذَا قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ اعْتَذَرُوا إِلَيْهِ وَحَلَفُوا وَأَحَبُّوا أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا فَنَزَلَتْ ﴿ لَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡرَحُونَ بِمَآ أَتَواْ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحۡمَدُواْ بِمَا لَمۡ يَفۡعَلُواْ ...الآيَةَ ﴾ ئالی عیمران: ١٨٨ / لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ کۆمەڵێك لە منافقەکان هەر کاتێ کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەردەچو بۆ غەزا خۆیان وەپاش دەدا کەشادمان بون بەودانیشتنانەیان پاش پێغەمبەری خودا ﷺ جا هەر کاتێ کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەگەیشتەوەماڵ بەهانەی نەچونیان باس دەکردوپێیان خۆشبوکەسوپاس کرێن لەسەر ئەوەی کە نەیانکردبو جا ﴿ لَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡرَحُونَ بِمَآ أَتَواْ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحۡمَدُواْ بِمَا لَمۡ يَفۡعَلُواْ ...الآيَةَ ﴾ دابەزی}

لە فەرمودەیەکی پێغەمبەرمان ﷺ دا هاتوە کە {مَنْ سُئِلَ عَنْ عِلْمٍ عَلِمَهُ ثُمَّ كَتَمَهُ أُلْجِمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِلِجَامٍ مِنْ نَارٍ/الترمذي وغيره، قال الالباني:حسن صحيح/ هەر کەسێك پرسیاری عیلمێکی لێ

فَٱسۡتَجَابَ لَهُمۡ رَبُّهُمۡ أَنِّي لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَٰمِلٖ مِّنكُم مِّن
ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰۖ بَعۡضُكُم مِّنۢ بَعۡضٖۖ فَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَأُخۡرِجُواْ
مِن دِيَٰرِهِمۡ وَأُوذُواْ فِي سَبِيلِي وَقَٰتَلُواْ وَقُتِلُواْ لَأُكَفِّرَنَّ
عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَلَأُدۡخِلَنَّهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا
ٱلۡأَنۡهَٰرُ ثَوَابٗا مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلثَّوَابِ ١٩٥
لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ ١٩٦ مَتَٰعٞ قَلِيلٞ
ثُمَّ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ١٩٧ لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ
رَبَّهُمۡ لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا
نُزُلٗا مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِۗ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّلۡأَبۡرَارِ ١٩٨ وَإِنَّ مِنۡ
أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ لَمَن يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ وَمَآ
أُنزِلَ إِلَيۡهِمۡ خَٰشِعِينَ لِلَّهِ لَا يَشۡتَرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ثَمَنٗا
قَلِيلًاۗ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ
سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ١٩٩ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱصۡبِرُواْ
وَصَابِرُواْ وَرَابِطُواْ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٢٠٠

سُورَةُ النِّسَاءِ ٤ ١٧٦

بکرێت کەبیزانێتو بیشارێتەوە ڕۆژی قیامەت لەغاو دەکرێت بە لەغاوێکی ئاگر} ئینجا خوای گەورە باسی دەسەڵاتو موڵکی خۆی دەکاتو دەفەرموێ:

١٨٩ وە ئەوەی کە لە ئاسمانانو زەوی دا هەیە هەموی موڵکی خوایە بە کافرو موسڵمانەوە بە گیاندارو بێ گیانەوەو ﷲ دەسەڵاتی بە سەر هەمو شتێکدا هەیە، جا بۆ ئەبێ لێی نەترسێینو بەندایەتی نەکەین؟ بەڵگەیەکی تر لە سەر دەسەڵاتی باس دەکاتو دەفەرموێ:

١٩٠ بەبێگومان لە دروست کردنی ئاسمانانو زەویداو لە گۆڕاندنی شەوو ڕۆژدا. کە ئەم شەوو ڕۆژە بێ پسانەوە بە دوای یەکتردا دێن بە شێوەی دیاری کراو چەندین بەڵگەی گەورەی تێدایە بۆ ئەوانەی کە خاوەنی عەقڵو دەرك بن ﴿أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾. کێن خاوەن عەقڵەکان؟

١٩١ خاوەن عەقڵ ئەو کەسانەن کە یادی خوا دەکەن بە پێوەو بە دانیشتنەوەو بە ڕاکشانەوە واتە هەمیشە یادی خوا دەکەنو خوایان لە بیر ناچێتەوەو بیر دەکەنەوە لە دروستکردنی ئاسمانانو زەویو تەماشای ئەو هەمو نیعمەتانەی خوا دەکەن کە خوا لەم زەویەدا بۆ ئێمەی داناوەو تەماشای گۆڕانی شەو ڕۆژ دەکەن کەهەموی لەخزمەتی مرۆڤدایە دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ناگونجێت تۆ ئەمەت بێهودە دروست کردبێت پاكو مونەزەهی بۆ تۆ کە ئیشی بێ کەڵك بکەیت، نەخێر ئیشەکانت هەموی لە سەر بناغەی داناییو زاناییەو ئێمەیش بێ حیسێبو کتێب نین دەی بمان پارێزە لە سزای ئاگرو دەڵێن:

١٩٢ ئەی پەروەردگارمان بێگومان ئەو کەسەی کە تۆ بیخەیتە ناو ئاگری جهەنمەوە بەراستی سەرشۆڕو ریسوات کردوە، وە بۆ ستەکاران هیچ یارمەتی دەرێك نییە، واتە خوایە ئێمە لە ڕیزی ستەمکاراندا دامەنێی، چونکە باوەڕمان وایە هەر کەسێك ستەمکار بێت یارمەتی دەرێکی نیەو شەرمەندەو سەرشۆڕە. ئینجا ئەو ئینسانە ژیرانە درێژە بە پاڕانەوەی خۆیان دەدەن و دەڵێن:

١٩٣ ئەی پەروەردگارا بەبێگومان کە ئێمە بیستمان بانگ کەرێك بانگی کرد بۆ ئیمان کە لە سەردەمی پێغەمبەرا، پێغەمبەرﷺ خۆی بوەو دوای پێغەمبەریش ﷺ بانگ کەرانی ڕاستەقینەی ئەم ئاینەیە هەتا قیامەت دێت بانگیان کردینو وتیان باوەڕ بهێنن بە پەروەردگاری خۆتان جائێمەیش باوەڕمان هێنا ئەی پەروەردگارمان لە گوناهەکانمان خۆشبەو تاوانەکانمان بۆداپۆشەو لە گەڵ ئینسانە چاکەکاندا بمان مرینە. واتە هەر کاتێ مەرگمان هات مەرگمان وەکو چاکە کاران بێت کە فریشتەکان لەو کاتەدا سەلامیان لێ دەکەن.

١٩٤ ئەی پەروەردگارمان هەر تۆ دەپەرستین دەی پێمان بدە ئەو بەڵێنەی کە داوتە لە سەر زمانی پێغەمبەرکەت کە بریتیە لە یارمەتی دانو سەرکەوتن بە سەر کافرو ستەم کاران داو بهەشتی هەتاهەتاییەو لە ڕۆژی قیامەتدا سەرشۆڕمان نەکەیت بە بێگومان کە تۆ پێچەوانەی بەڵێنی خۆت ناکەیت ئێمەیش چاوەڕوانی سەرکەوتنی دنیاو سەربەرزی ڕۆژی دوایت لێ دەکەین، چونکە فەرموتە: ﴿پێویستە لە سەر ئێمە کە یارمەتی خاوەن باوەڕان بدەین﴾ ڕوم/٤٩،

عەبدوڵای کوڕی عەباس دەڵێ: شەوێك لە لای پورم مەیمونەی خێزانی پێغەمبەرﷺ مامەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێ قسەی کرد لە گەڵ خێزانی داو لە پاشان خەوت، کاتێ کە سێ بەشی ئاخری شەو هات لە خەو هەستاو, دانیشتو تەماشای ئاسمانی کرد فەرموی: ﴿ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا سُبْحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴾ پاشان دەست نوێژی گرتو سیواکی کردو یانزە رکات نوێژی کرد لە پاشان بیلال بانگی دا ئێنجا دوو رکاتی تری کردو لە پاشان هاتە دەرەوەو نوێژی بەیانی کرد بۆ خەڵك. (بخاری)

(١٩٥) جا خوا دەفەرموێ: با دڵنیابن کە من ئیشی هیچ کام لە ئێوە زایە ناکەم چ پیاو بێت چ ژن هەر کەسێك بەراستی ئیشی کرد بۆ خوا بە بێ جیاوازی پاداش دەدرێتەوە جا ئەو کەسانەی کۆچ دەکەن لە بەر خاتری خوا وە دوور دەکەونەوە لە ماڵو دۆست وخزم وکەسی خۆیانو ئازار دەدرێن لە سەر رێگای منو بۆ خاتری گەیاندنی پەیامی من بە خەڵكو شەڕ دەکەنو شەهید دەکرێن بادڵنیابن کە لە هەموو گوناهانیان خۆش دەبم، وە بەراستی دەیانخەمە ناو بەهەشتانێکەوە کە دەڕوات بە ژێر ئەو بەهەشتانەدا چەندین جۆگە ئەمە پاداشتێکە لە لایەنی خوداوەو بە راستی خوا لە لایەتی باشترین پاداش. ئوموسەلەمەی خێزانی پێغەمبەرﷺ پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺکردو وتی:{يَا رَسُولَ اللَّهِ لَا أَسْمَعُ اللَّهَ ذَكَرَ النِّسَاءَ فِي الْهِجْرَةِ فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى ﴿ فَٱسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَٰمِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ بَعْضُكُم مِّنۢ بَعْضٍ ﴾ /رواه الترمذی.قال الالبانی صحیح لغیره/ ئەی پێغەمبەری خواﷺ نەم بیستوە کە خوا باسی ئافرەتانی کردبێت لە بارەی کوچ کردنەوە بە هیچ شێوەیەك؟ جا خوا ئەم ئایەتەی رەوانەکرد}

بەڵێ مرۆڤ لە روانگەی ساختمانی لەشیەوە دو جۆرەو جیاوازیان هەیە، بەڵام لەزۆرشتدا هاوبەشنو هەریەکەوکارێکی تایبەت بەخۆیشی هەیە بەڵام لەبەرامبەر خواناسیو پەرهیزکاری وپاداشتیانەوە لەلایەن خوداوە هیچ جیاوازیەکیان نیەو هەردووکیان وەك یەك تەماشا دەکات جا ئەوەی کە ئافرەتو پیاو لە هەموو رویەکەوە وەك یەك دەزانێت لە نەفامیدا هیچ جیاوازییەکی نیە لە گەڵ ئەوانەی کە ئافرەتیان بە بێ گیان زانیوە، چونکە هەردووکیان لە راستی لایان داوەو بە کوێرە رێگادا دەڕۆن هەردوو سەر لێشێواو گومڕان، بەڵێ لە پاداشتی کردەوەی چاك دا هەموو یەکسانن.

(لَ) وەڵامی سوێندە واتە سوێند بە خۆم ئەو شتانەیان بۆ دەکەم. پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەرو ﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ پێت چۆنە ئەگەر من بکوژرێم لە رێگای خوادا کەخۆگرو چاوەڕێی پاداش بەو روم لە شەڕگاوە بێت، پشتم هەڵنەچەرخاند بێت ئایا خوا لە تاوانەکانم خۆش دەبێت؟ فەرموی:{نَعَمْ إِنْ قُتِلْتَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَأَنْتَ صَابِرٌ مُحْتَسِبٌ مُقْبِلٌ غَيْرُ مُدْبِرٍ/ بەڵێ ئەگەر لە پێناو خوادا بکوژرێیت لە حاڵێکدا کە خوگر بیتو چاوەڕوانی پاداشت بیتو روت لە مەیدانی جەنگ بێتو پشتت لێ نەکردبێت. لە پاش ماوەیەك فەرموی: كَيْفَ قُلْتَ؟ چونت وت: ئەویش دوبارەی کردەوە پێغەمبەر فەرموی: نَعَمْ وَأَنْتَ صَابِرٌ مُحْتَسِبٌ مُقْبِلٌ غَيْرُ مُدْبِرٍ إِلَّا الدَّيْنَ فَإِنَّ جِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلَام قَالَ لِي ذَلِكَ/ مسلم وغیره/ بەڵێ ئەگەر لە پێناو خودا بکوژرێیت لە حاڵێکدا کە خوگر بیتو چاوەڕوانی پاداشت بکەیتو روت لە مەیدانی جەنگ بێتو پشتت لێ نەکردبێت جگە لە قەرز کە جبرەئیل ئێستا ئەمەی پێ وتم}

واتە موسڵمان ئەمە ئیشیەتی، بەڵام کافران بە پێچەوانەوە دەوڵەمەندو خاوەن دەسەڵاتن پێویستە ئاگات لە خۆت بێتو دڵ تەنگو خەمبار نەبیت، دەفەرموێ:

(١٩٦) ئەو هات وچۆ کردنەی بێ باوەڕان بەم شارو بەو شارەدا لە کاتێکدا کە تۆ لە ماڵو جێگای خۆتیشدا دەر دەکرێیت با نەتخەڵەتێنێ.

(١٩٧) چونکە ئەوە خۆشیورابواردنێکی زۆر کەمو کۆتایەو بەم زوانە لە دەستیان دەردەچێت لە پاشان شوێنی ئەوان جەهنەمەو پیسترین ئارامگایەکە بۆیان، بەڵام تۆ ئەو بەهەشتەت هەیە. دوبارە خوای گەورە دڵی خاوەن باوەڕان دەداتەوەو دەفەرموێ:

(١٩٨) بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە تەقوایان هەیەو لە خوای خۆیان دەترسن‌و پەیڕەوی فرمانەکانی دەکەن بۆ ئەوانە هەیە چەندین باخچە کە لە ژێر ئەو باخچانەدا چەندین جۆگا دەڕوات، بۆ هەمیشەش تێیدادەبن کەئەمەتەنها میوانداریییەکە لە لایەنی خواوە بۆ ئەوان‌و ئەوەی کە لە لای خوایە زۆر چاکترە بۆچاکان.

(١٩٩) بێگومان لەناو ئەهلی کتێب دا کەسانێك هەن کە باوەڕ دێنن بە خواو بەوەی کە ڕەوانە کراوەتە لای ئێوەو بەوەش کە ڕەوانە کراوەتە لای خۆیان، ئەوانە گەردن کەچن بۆ فرمانەکانی خواو ناکڕن بە نیشانەکانی خوا بەهرەیەکی کەم‌و هەرگیز نیشانەکانی خوا ناگۆڕنەوە بەهیچ شتێك، بۆ ئەوان هەیە پاداشتێکی گەورە لە لایەن خوای خۆیانەوە، بەبێگومان کە الله زۆر بە پەلەیە بۆ محاسبە کردن‌و زۆر زوو حیساب لە گەل خەلکدا دەکات. جا ئەوەی کە ئیشی چاکی نەکردبێت تازە لەو جێگایەدا هیچ پەلە قاژەیەکی بۆ ناکرێت‌و بە زویی لێکۆڵینەوەو حیساب دوایی دێت. دەی حسابێ بۆ خۆت بکە پێش ئەوەی کە حیسابت لەگەلدا بکرێت. ئینجا خوای گەورە ڕو دەکاتەوە خاوەن باوەڕان‌و سەرەتاو کۆتایی سوڕەتەکە دەبەستێت بە یەکەوە، پێشەکی فەرموی: ﴿الله ئەو زاتەیە کە هیچ پەرەستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لە ئەو، ئەو قورئانەی ڕەوانە کردوەتە لای تۆ بۆ مەبەستێکی ڕاست‌و ڕەواو دان دەنێت بە ڕاستی ورەوایی ئەو پەڕاوانەی پێش خۆیدا﴾

وە باسی جوانکردنی ژیانی بۆ کردین‌و فەرموی ئەوە شتێکی دنیاین‌و پاشە ڕۆژو بەهەشت‌و ڕەزامەندی خوا کە لە هەمو شت گەورەترە کە ئامادە کراوە بۆ خاوەن باوەڕان‌و تێیگەیاندین تەنها ڕێبازی ئیسلام ڕاستەو چەند شتێکی گەورەو گرنگی پێشاندایین کە بەلگەن لە سەر دەسەڵات‌و توانایی خوا وەك لە دایك بونی عیسا عليه السلام بە بێ باوك‌و یەحیای دا بە زەکەریا عليه السلام لە تەمەنێکی پیری‌و نائومێدی دا و تێیگەیاندین کە موڵك ودەسەڵات هەمو بە دەست خۆیەتی بە کێی بدات‌و لە کێی بسەنێتەوە، وە دەم کوتی جولەکەو گاورو موشریکەکانی کرد کە دەیان وت: ئیبراهیم لە ئێمەیەو هەڕەشەی کرد لەوانەی کە پاشگەز دەبنەوەو باسی فەرز بونی حەجی بۆ کردین‌و داوای لێ کردین کە هەمومان دەست بگرین بە ئاینەکەی خواوەو بەش بەش نەبین‌و تێیگەیاندین کە ئەگەر پیاو بین‌و دەست بگرین بە ئایینە پیرۆزەکەی ئیسلامەوەو فرمان بدەین بە چاکەو بەرگری بکەین لە خراپە باشترین گەلین لەم جیهانەدا ئینجا بە درێژی جەنگی ئوحودی بۆ باس کردین کە چەندین پەندو ئامۆژگاری تێدا بو، وە زیانێکی گەورەی گیانیشی تێدا بوو بۆ موسڵمانان، چونکە بە شێوەی پێویست خۆیان نەگرت‌و ئێستاش دوبارە سرنجمان رادەکێشێت بۆ پێویست بونی ئەو ئارامی‌و خۆراگرییە لە سەر پارێزگاری ئایینە پیرۆزۆکەی ئیسلام‌و دەفەرموێ:

(٢٠٠) ئەی خاوەن باوەڕان خۆ بگرن بەرامبەر بە ڕوداوەکان کە بەین بەین سەرهەڵدەدات‌و بەردەوام بن لە سەر خۆگرتن‌و بەم مەڵهەمە تەواوی برینەکان سارێژ دەبن‌و دوژمنانی ناوخۆی مرۆڤ کە بریتیە لە نەفس‌و شەیتان‌و دوژمنانی دەرەوەی کە بریتیە لە مرۆڤە شەیتان سیفەتەکان‌و ستەمکاران‌و تاغوتان سەر شۆڕو ڕسوادەبن‌و وەك بەفری بەهار هەرەس دێنن‌و دەتوێنەوەو لەناو دەچن، وەبەو خۆگرتنە باوەڕداران پاداشتێکی گەورەو گرانیشیا پێ دەدرێت. وەك لە ئایەتی دەهەمی سورەتی زومەردا دەفەرموێ: ﴿خۆگران پاداشتێکی بێ ژمارەیان هەیە﴾

وەخۆتان لە مەکۆ بدەن‌و سینگتان بکەن بە سپێر بۆ بەرپەرچ دانەوەی دوژمنانی ئایین‌و یەك دیواری پتەوو بە هێز بن تا دوژمنانتان نەتوانن بێنە ناو وڵاتی ئیسلامییەوەو گیان‌ومالّمان حەلاڵ بکەن. وەك لە سورەتی ئەنفال ئایەتی شەست دا دەفەرموێ: ﴿ بەرامبەر دوژمنانتان خۆتان ئامادە بکەن بە گوێرەی تواناتان لە هێزو لە ئەسپی بەسراوەی ئامادە کراو تا دوژمنانی خوداو خۆتانی پێ بترسێنن﴾. لەم بارەیەوە زۆر فەرمودەی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا ئەم فەرمودەیە باس دەکەین کە دەفەرموێ:{رِبَاطُ يَوْمٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ خَيْرٌ مِنْ الدُّنْيَا وَمَا عَلَيْهَا وَمَوْضِعُ سَوْطِ أَحَدِكُمْ مِنْ الْجَنَّةِ

خَيْرٌ مِنْ الدُّنْيَا وَمَا عَلَيْهَا وَالرَّوْحَةُ يَرُوحُهَا الْعَبْدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوْ الْغَدْوَةُ خَيْرٌ مِنْ الدُّنْيَا وَمَا عَلَيْهَا /البخاري/ یەك ڕۆژ خۆ مەكۆ دان لە سەنگەری ڕێگای خوادا باشترە لە هەمو دنیاو ئەوەی كە لە سەریەتی، جێگای تولّی یەكێكتان لە بەهەشتدا باشترە لە هەمو دنیاو ئەوەی كە لە سەریەتی، ڕۆیشتنی تاقێكی ئێوارەی بەندە لەرێگای خوادا یان تاقێكی بەیانی باشترە لە هەمو دنیاو ئەوەی كە لە سەریەتی} ئینجا سەری هەموو سیفەتە چاكەكانمان بۆ باس دەكات وداوامان لێ دەكات كە ئەو سیفەتە بەنرخەمان تێدا بێتو دەفەرموێ: وە لە خوا بترسن تا سەر بكەونو ڕزگار ببن لە دنیا ولە قیامەتدا. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {اتَّقِ اللَّهِ حَيْثُمَا كُنْتَ وَأَتْبِعْ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ/رواه الترمذی وغیره، حسنه الالبانی/ لە خوا بترسە لە هەر كوێ دا بیت وە بە دوای خراپەدا چاكە بكە لە ناوی دەبات، وە بەرەوشتێكی جوان لە ناو خەڵكدا بجولێرەوە}.

٤ سورەتی نیسا ١٧٦

سورەتی نیساكە سورەتی چوارهەمی قورئانەو لە مەدینەدا هاتووەتە خوارەوەو سەدوحەفتاوشەش ئایەتە، وتراوە بە گوێرەی دابەزین سورەتی نەوەدو سێهەمەو پاش سورەتی (الممتحنة)و پێش (زلزلة) دابەزیوە. زۆربەی ئایەتەكانی باس لە پەیوەندی خێزانیو دامەزراندنی یەكەم قوتابخانەی مرۆڤایەتی دەكات بە تایبەت كاروباری ئافرەتانو یەكەم سورەتە كە بەتەواوی بناغەی دابەش كردنی كەلەپور ڕۆشن دەكاتەوە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەی خەڵكینە بترسن لەو پەروەردگارەتان، كە ئێوەی دروست كردوە لە یەك كەسو لەو كەسەش هاوسەری بۆ دروست كردو لەو دوو نەفەرەش پیاو ژنانی زۆری بڵاوكردەوەو بترسن لەو خوایەی كە ئێوە بە بۆنەی ئەوزاتەوە داوا دەكەن لە یەكترو هەروەها بە بۆنەی ڕەحمو بەزەییەوە بێگومان كە ﷲ چاودێرە بە سەرتانەوەو هیچی ئێوەی لێ ون نابێت.

لە سەرەتاوە پەروەردگار ئادەمی لە خاك دروست كردوە، پاشان كاتێ ئادەم لە خەوا بوو لە پەراسویەكی لای چەپی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنْهَا
زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ
بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبٗا (١) وَءَاتُواْ ٱلْيَتَٰمَىٰٓ أَمْوَٰلَهُمْۖ
وَلَا تَتَبَدَّلُواْ ٱلْخَبِيثَ بِٱلطَّيِّبِۖ وَلَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَهُمْ إِلَىٰٓ أَمْوَٰلِكُمْۚ إِنَّهُۥ
كَانَ حُوبٗا كَبِيرٗا (٢) وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُواْ فِي ٱلْيَتَٰمَىٰ فَٱنكِحُواْ
مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُواْ
فَوَٰحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُواْ (٣) وَءَاتُواْ
ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحْلَةٗۚ فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٖ مِّنْهُ نَفْسٗا فَكُلُوهُ
هَنِيٓـٔٗا مَّرِيٓـٔٗا (٤) وَلَا تُؤْتُواْ ٱلسُّفَهَآءَ أَمْوَٰلَكُمُ ٱلَّتِي جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمْ
قِيَٰمٗا وَٱرْزُقُوهُمْ فِيهَا وَٱكْسُوهُمْ وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلٗا مَّعْرُوفٗا (٥) وَٱبْتَلُواْ
ٱلْيَتَٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنْ ءَانَسْتُم مِّنْهُمْ رُشْدٗا فَٱدْفَعُوٓاْ
إِلَيْهِمْ أَمْوَٰلَهُمْۖ وَلَا تَأْكُلُوهَآ إِسْرَافٗا وَبِدَارًا أَن يَكْبَرُواْۚ وَمَن كَانَ
غَنِيّٗا فَلْيَسْتَعْفِفْۖ وَمَن كَانَ فَقِيرٗا فَلْيَأْكُلْ بِٱلْمَعْرُوفِۚ فَإِذَا
دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَٰلَهُمْ فَأَشْهِدُواْ عَلَيْهِمْۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبٗا (٦)

ئادەم حەوایشی دروست كردوە، ئادەم كە خەبەری بویەوە بە شتێكی جوانی زانیو ئولفەتیان بە یەكەوە گرت، ئینجا لەو هاوسەرە ئەم مرۆڤـەی دروست كردوە، وە هەندێك وتویانە ئادەم لە حەوا دروست بوە، بە گوێرەی ئەوەی ﴿وَخَلَقَ مِنْهَا﴾ (ها) بۆ مێینەیە، مانای وایە لە پێشەوە مێ یەكە دروست بوە بیریان لەوە نەكردوەتەوە كەوشەی ﴿نفس﴾ لەزمانی عەرەبیدا مێیە وە خوای گەورە دەفەرموێ: ئێوەم دروست كردوە لە یەك نەفسو های (مِنْهَا)ش بۆ نەفسەكە دەگەڕێتەوە، واتە بۆ چونەكەیان هەڵەیە. بەڵێ بەرەی ئادەمیزاد هەمویان لەو بابو دایكەنو هیچ جیاوازییەك نیە لە نێوانیان دا وەك پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {كُلُّكُمْ بَنُو آدَمَ وَ آدَمُ خُلِقَ مِنْ تُرَابٍ /البزار، صححه الالبانی/ هەموتان لە ئادەمنو ئادەمیش لە خاك دروستكراوە}

كەوابو هیچ جیاوازیەك لە بەینی مرۆڤـەكان دا نیە مەگەر بە زیاتر لە خوا ترسان، وە با هیچ كەس خۆی هەڵنەكێشێت بە سەر كەسێكی تردا كە بلێت من لە فلاّنە تیرەم وە ئەو لە فلاّنە تیرەیە دەی مادام خوای میهرەبانو

دانا مرۆڤی له یەك كەس دروست كردو پەروەردەی دەكاتو چاودێریەتی مافێكی نێجگار گەورەی بە سەر ئەم مرۆڤە وە هەیە كە بەندایەتی بكاتو فرمانەكانی جێ بە جێ بكات ئەم مافەیش لە بەر دوو بەلگەیە یەكەم: وەك وتمان: خودا هەمو مرۆڤی دروست كردوە. دوهەم: خودا هۆیە بۆ پەیدا بونی ئەم مرۆڤە لە یەك گیان وئەو گیانەش كە ئادەمە لە خوا خۆیەوەیەو سەرچاوەی پەیدا بونی مرۆڤ بەتەنها هەر خۆیەتی كەواتە پەرەستنو بەندایەتی بۆ كردنی شتێكی پێویستە، هەروەها مادام ئێمە هەمو نەوەی ئادەمو حەواین پێویستە هاوكارو یارمەتی دەرو مشور خۆری یەكتر بین وەك لە سورەتی حوجورات ئایەتی سیانزە دا دەفەرموێ: ﴿ئەی خەلكینە بە بێگومان كەئێمە ئێوەمان لە پیاوێك وژنێك دروست كردوەو كردومانن بە گەل گەلو تیرە تیرە تا یەكتر بناسنو لە گەل یەكتردا چاكە بكەن بەبێشك بەرێزتان لەلای خوا ئەو كەسەتانە كە زیاتر لە خوا بترسێت بێگومان كە ﷲ زاناو بەئاگایە﴾

وە لە بارەی خزمایەتیو پەیوەندیەكانیەوە چەندین فەرمودەی پێغەمبەرمانﷺ هەیە یەكێك لەوانە ئەم فەرمودەیە: {أَحَبُ الأعمالَ إلىَ اللهِ إيمَانٌ بِاللهِ ثُمَ صِلَةُ الرَحِمِ ثُمَ الأمرُ بِالمَعرُوفِ وَالنَهيِ عَنِ المُنكَرِ وَأبغَضُ الأعمالَ إلىَ اللهِ الإشرَاكُ بِاللهِ ثُمَ قَطِيعَةُ الرَحِمِ/الجامع الصغیر، حسنه الالبانی/ خۆشەویست ترین كردار لەلای خوا باوەڕبوونە بەخوا پاشان پەیوەندی خزمایەتیە پاشان فرمان بەچاكە كردنو بەرگری لە خراپە كردنە، وە ناشیرین ترین كردار لەلای خوا هاوبەشی دانانە بۆ خواپاشان بچڕانی خزمایەتیە} لەراستی دا ئەم لە خوا ترسانو پاراستنی مافی خزمایەتیە كە لە سەرەتای سورەتەكەوە هاتوە مەبەستێكی سەرەكیو هەرە گرنگی ئەم سورەتەیەو دەتوانم بلێم هەمو باسەكانی یەكێك لەم دوو بەشە یان هەردوو بەشەكەی تێدایە، جا پێشەكی پێویستە خۆمان بەم دوو سیفەتە چەكدار بكەینو ئینجا بچینە ناو سورەتەكەوە كە ئایەتی دووهەمی دەفەرموێ:

(٢) بە هەتیوان مالەكانیان بدەنەوەو مالی ئەوان نەگۆڕنەوە بە مالی خراپ جا ئەو مالە كەلو پەل بێت یان حەیوانو باخو كێلگە بێت، وە مالی ئەوان بەمالی خۆتانەوە مەخۆن بەبێگومان ئەوە گوناهێكی گەورەیە. بەم شێوەیە خوای گەورە كە سەرپەرەشتو چاودێری مرۆڤە، پێشەكی مافی لاوازترین مرۆڤ باس دەكات كە هەتیوەو باوكی نیەو لەوانەیە كەمتەرخەمی تێدا بكرێتو ئەو مرۆڤە خۆی یان ئەو مالەی تێدا بچێت جا ئاوا فرمانمان پێ دەدات كە مالی هەتیوان بدەینەوەو داگیری نەكەینو نەیشی گۆڕینەوە بە شتی خراپ، وە ئەو هەتیوانەی كە ئافرەت بوونو سەرپەرەشتەكانیان مالّو جوانی ئەوانی بە لاوە پەسەند بوو نیكاحیان دەكردن بەلام مارەییەكی دادپەروەرانەیان بۆ دانەدەنان لە بەر ئەوە خوا بەرگری كردن لەو جۆرە نیكاحەو فەرموی:

(٣) ئەگەر ئێوە دەترسن كە دادپەروەر نەبن لە ناو ئافرەتە هەتیوەكانداو مارەییەكی دادپەروەرانەیان بۆ دانەنێن، یان تەنها لە بەر مالّ نیكاحیان بكەنو ئارەزۆتان لێیان نەبێت ئەو نیكاحە نەكەنو وازیان لێ بێنن با بە ئازادانە هاوسەر بۆ خۆیان هەلبژێرنو ئێوەش ئەوەی كە پاكە لە ئافرەتان بێجگە لەو ئافرەتە هەتیوانە نیكاح بكەن بۆ خۆتان دووانو سیانو چوار واتە: لە ئیسلامدا ماوە دراوە هەتا چوار ژن بهێنن، بەلام ئەگەر ترسان بە دادپەروەرانە رەفتار نەكەن تەنها یەك ژن بهێنن. دادپەروەریش بریتیە لە دادپەروەری خەوتنو خۆراكو جلو بەرگو لەم شتانەدا ژنەكان دەبێ وەك یەك بن، بەلام خۆشەویستی دلّ داوا نەكراوە چونكە هەر لەم سورەتەدا هاتوە كە "ئێوە ناتوانن دادپەروەری رێك وپێك لە ناو ژنەكانتان دا بكەن" واتە دادپەروەری ناو دلّ چونكە دەبینی یەكێكیان ئەخلاقی چاكو ڕووخۆشترە كابرا زیاتر خۆشی دەوێتو یەكێكیان توندترە لە گەل كابراو باش هەلسوكەوتی لە گەلدا ناكات خۆشی ناوێت، كەلەسەر ئەو خۆشەویستییەی ناو دلّ لێپرسینەوە ناكرێت مادام نەیەتە كردارەوە.

یان سود وەرگرن لەوانەی كە بە مولكی یەمین دەستتان كەوتوە واتە بە پارەی خۆتان دەستان كەوتوە، زەمانی كۆن ئەو ئافرەتانە بوون كە دەكڕانو دەفرۆشران واتە ئەگەر ترسان بە دادپەروەرانە رەفتار نەكەن یا یەك ژنی ئازاد بهێنن یان كەنیزەیەك، ئەگەر زیاد لە یەكێكیش بن واجب نیە وەك

ئافرەتی ئازاد خەوتن وجلو بەرگیان وەك یەك بۆ بكات ئەگەرچی سونەتە لێرەش كابرا هەر دادپەروەرانە رەفتار بكات، جا ئەم كڕینو فرۆشتنە ئێستا نەماوەو خەڵك بە رواڵەت ئازادە، بەڵام بە داخەوە كوفری ئەمڕۆ هەمووی كردوە بە بەندەو بە كەیفی خۆی دەیفرۆشێت، بەڵام بەندەیەكی زۆر زیرەكانەو ژێر بە ژێری بەڵام بە ڕەواڵەت نەك بەندە نیە بەڵكو لافی ئازادیو دیموكراتیو مافی مرۆڤو ئەم شتانە لێ دەدات، ئینجا خوا دەفەرموێ: ئەم شێوە باشترە بۆ ئێوە كە ئێوە توشی هەژاری نەبن بە بۆنەی زۆری خێزانو منداڵەوە كە ئەو زۆریەش ببێت بە هۆی ستەمو لادان لە دادپەروەری، لە ریوایەتدا هاتوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ پەنای بەخوا دەگرت لەچوارشت: {مِنْ جَهْدِ الْبَلَاءِ /متفق علیه /لەو چوارانە: لە بەڵای سەخت پرسیار كرا بەڵای سەخت كامەیە؟ فەرموی: ئەوەیە كە مرۆڤ ماڵی كەم بێت ومناڵی زۆر بێت} لە عائیشەوە هاتوە كە:{ أَنَّ رَجُلًا كَانَتْ لَهُ يَتِيمَةٌ فَنَكَحَهَا وَكَانَ لَهَا عَذْقٌ وَكَانَ يُمْسِكُهَا عَلَيْهِ وَلَمْ يَكُنْ لَهَا مِنْ نَفْسِهِ شَيْءٌ فَنَزَلَتْ فِيهِ وَإِنْ خِفْتُمْ أَنْ لَا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى أَحْسِبُهُ قَالَ كَانَتْ شَرِيكَتَهُ فِي ذَلِكَ الْعَذْقِ وَفِي مَالِهِ./البخاري/ بەراستی پیاوی واهەبووە كەئافرەتێكی هەتیوی بوو جا نیكاحی دەكرد چونكە دارخورمای هەبوو ئەگینا هیچ ئارەزۆیەكی لەوئافرەتە دا نەبوو جائەم ئایەتە لەوبارەیەوە دابەزی ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى ...الاية ﴾ النساء: ترساندنی لەوهەڵسوكەوتە بێ رەحمانە.

(٤) مارەیی بدەن بە ژنەكانتان كە بەخششێكەو پێویستە لە سەرتان ئەوسا ئەگەر ئافرەتان ئێوەیان عەفو كرد لەو مارەییە هەمووی یان بەشێكی بە دڵی خۆیان نەك بە هەڕەشەو ترس یان بە خەڵەتاندن، بیخۆن عافیەتتان بێت. لەفەرموودەدا هاتوە كە ئەگەر كەسێك ئافرەتێك مارە بكات و قەسدی وابێت كە مارەیی یەكەی نەدات وەك زینا بكات وایە.

(٥) ئەو ماڵەی كە خوای گەورە ئێوەی كردوە بە سەرپەرەستی مەیدەنە دەستی مرۆڤی بێ عەقڵ ونەزانو رزقیان بدەنێ لەو ماڵەو جلو بەرگیان بۆ بكەنو بەقسەی جوان لە گەڵیاندا هەڵسوكەوت بكەن. ئەمە بۆ ئەوانەیە كە سەفیهنو نازانن ماڵ خەرج بكەنو بێ سەرپەرستن پێویستە ئەو ماڵەیان لە دەست دەربهێننو بە گوێرەی پێویست خواردنو پۆشاكیان لەو ماڵە بۆ بكەنو ماوە نەدەن كە ئەو ماڵەیان بە هەدەر بڕوات مانای ئەوە نیە، كە تۆ ماڵەكەی لێ بسێنی بە شەقو بە تێهەڵدان چونكە مەبەستی سەرەكی ماڵ نیە بەڵكو مەبەست كابرایە، واتە: ئەو كەسە فێری ڕەوشتی جوانو ئیدارە كردنی باش بكە تا هێواش هێواش ئەویش هەستی دڵسۆزیو چۆن ژیان بكاتو لە ئاییندە دا ببێت بە مرۆڤێكی بە سود لە كۆمەڵگادا، ئا بەم شێوەیە ئیسلام چاودێرو مشور خۆری گەلەو هەموویان بە یەكەوە دەلكێنێتو لە خۆشیو ناخۆشی یەكتر ئاگاداریان دەكاتەوەو هەریەك بەرامبەر بەوی تر بە بەرپرسیار دەزانێتو دەڵێت: {كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ /متفق علیه/ هەمووتان شوانو هەموتان بەرپرسن لە ژێر دەستەكەی خۆتان}

بەڵێ پاش باسی هەتیو وا لێرەشدا باسی مرۆڤی هەڵە خەرج ونەزان دەكات، كە ئەگەر نەیزانی ماڵ خەرج بكات ئەوە بۆی نیە كەبڵێت ماڵی خۆمەو بەكەیفی خۆمە چۆنی خەرج دەكەم، چونكە خوا دەفەرموێ: ﴿ أَمْوَالَكُمْ ﴾ ماڵەكانتان، چونكە ئەو كابرای هەڵە خەرجە ئەگەر هەموماڵەكەی خۆی خەرج كرد لە دواییدا فەقیر دەكەوێتو دەبێت بەبار بە سەر كۆمەڵگاوە لە بەر ئەوە ئەوان حەقیان هەیە بە سەریەوە لێرەوە دەردەكەوێت، كە ئەو ماڵ وسەروەتە هەمووی مولكی ئەو خەڵكە موسڵمانەیەو ئەمانەتە لە دەستی میریو دەسەڵاتداری وڵاتدا بە گشتی، جا ئەگەر بە شێوەیەكی دادپەروەرانە خەرجی نەكردو درایە دەستی كۆمەڵێك نەزانو بە كەیفی خۆیان خەرجیان دەكرد لە سەر موسڵمانان واجبە كە بە دەنگ بێن ونەهێڵن ئەو ماڵە بەو شێوەیە سەرف بكرێت. جێگای داخە بۆ دەبێ مرۆڤەكان ژیرو دانا نەبنو پەند لە رابردوی خۆیان وەرنەگرن هەر كام دێتە سەر كار ئەوی تر تاوانبار دەكات بە خراپە كاری بەتایبەت لەبارەی داراییەوەو كەچی خۆیشی بە هەمان ڕێی وشوێندا دەڕوات، جا ئەوەی كە دەستی لە ناو ماڵی موسڵمانان دایەو بە

کەیفی خۆی خەرجی دەکات با بزانێت کەرۆژی دادگایی کردنی دێتو کورسی بۆکەس نامێنێت {نِعمَتِ المُرضِعَةُ وَبِئسَتِ الفَاطِمَةُ/ چەندجوانە شیردەرو چەند ناشیرینە شیر برەوە} واتە ریاسەتو لێ سەندنەوە. هەر لە سەرەتای ئەم سورەتەدا تێی گەیاندین کە هەمومان لە یەك بەرەبابینو کەس بە سەر کەسدا جیاوازی نیەو بە بۆنەی خزمایەتیەوە مافمان هەیە بە سەر یەکترەوە لە پاشدا لە لاوازترین کەسی کۆمەڵەوە کە هەتیو بوو سورەتەکەی دەست پێ کردو داوای لێ کردین کە ماڵیان نەخۆینو تەماع لە ماڵو جوانی ئافرەتی هەتیو نەکەینو ماڵ بە دەستی هەڵە خەرج ونەزانەوە نەدەین وماڵی هەتیوانیش بپارێزین هەتا باڵغ دەبن وەك دەفەرموێ:

(٦) کاتێ ماڵتان وەرگرت لەو هەتیوانەی کە سەرپەرشتیان دەکەن تاقیان بکەنەوە هەتا دەگەنە حەدی بلوغو نیکاح جا ئەگەر ئێوە دەرکتان کرد کە ئەوان پێگەیشتنو رەشادەتیان پەیدا کردوەو گەیشتن بە حەدی کامڵ بوون کە بتوانن ماڵەکەیان بەجوانی سەرف بکەن جا ئالەو کاتەدا ماڵەکەیان پێ بدەنەوەو ماڵەکەیان بە زیادەڕەوی بە پەلە پەل نەخۆن بەر لەوەی کە گەورە ببنو هیچیان بۆ نەمێنێتەوەو کەسێك کە سەرپەرستی ئەو ماڵە دەکات ئەگەر دەوڵەمەندە با خۆی لێ بگرێتەوەو لەو ماڵانە خەرج نەکاتو ئەگەر کابرا فەقیرەو سەرپەرەشتی ئەو جۆرە ماڵانە دەکات با بە شێوەی عادەت بیخوات واتە چەندێك پێویستی هەیە با لەو ماڵە خەرج بکات. هەتیو بەو کەسە دەڵێن کە باوکی نەمابێت و باڵغ نەبوبێت جا باڵغ بوون لە کوڕاندا یان بە پەیدابونی شەهوەت دەبێت وەك لەم فەرمودەدا هاتوە کە دەفەرموێ: {لَا يُتْمَ بَعْدَ احْتِلَامٍ /ابو داود، صححة الالباني/ دوای پەیدا بونی شەهوەت هەتیوی نیە}

وە یان تەمەنی بگاتە پانزە ساڵ کە ئەمەش لە ریوایەتی بوخاری دا هاتوە کە عەبدولای کوری عومەر دەڵێت: بۆ جەنگی ئوحود خۆم پیشانی پێغەمبەرﷺ دا کە چواردە ساڵ بووم ماوەی نەدامو لە شەڕی خەندەق دا کە پانزە ساڵ بووم پیشانی درام ماوەی هاوکاری پێ دام کە بەشداری لە شەر بکەم عومەری کوری عبدالعزیز فەرموی ئەمەیە نێوانی بچوكو گەورە، جا پێویستە موسڵمانان ماڵی ئەو مرۆڤە لاوازانە بە جوانی بپارێزن وتەماعی تێ نەکەن، بەڵام ئەگەر ئەوەی کە سەرپەرشتی دەکردن فەقیر بوو جا ئەوە دایکی مناڵەکان بێت یان بێجگە لەو بێت دەتوانێت بە شێوەی باوی خەڵك بیخوات وەك لە پێشەوە وتمان ئەمە رێگای راست ودروستە بۆ سەرپەرەشتەکانی ئەو ماڵە جا ئەوەی کە ئەمرۆ لە هەندێ ناوچەی کوردستان دا باوەو بانگی مەلا دەکەن لە پاش مەرگی خاوەن ماڵەکەو ماڵ دەقرسێننو دەیدەن بە دایکی مناڵەکان گوایە ئیتر ئەو ماڵە حەڵاڵە ئەوە شتێکی ناڕاستەو هیچ بەلگەیەکی شەرعی نییە یان لە هەندێ جێگای تردا سەر لە هەتیوان نادەن وئەگەر سەریشیان لێ بدەن شتێکی کەم وەك چای یان شتێکی تریان بۆ بهێنن نایخۆن ئەوەش شتێکی پەسەند نیەو بگرە تاوانیش بێت، چونکە مناڵەکان بەو نەخواردنە برینەکەیان تازە دەبێتەوەو باوکیان دەکەوێتەوە بیر، برام سەر لە هەتیوان بدە خێرت دەگاتێ جا ئەگەر هەتە با شتێکیش لە گەل خۆتدا ببەێتو دڵخۆشیان بکەیت، وە ئەگەر دەسەڵاتیشت نەبوو بەو سەر لێدانە ئەوان دڵیان خۆش دەبێتو ئەگەر شتێکی بچوکیان بۆ هێنایت بیخۆو دڵیان مەشکێنە تۆش چیت پێ کرا لە چاکە درێغی مەکە هەر هیچ نەبێت ئامۆژگاریان بکە گوێ لەو قسە پووچە مەگرە کە دەڵێن: (هەتیو لە سێبەری ماڵەکەیشیا دانیشیت گوناهت دەگات)

لە مەو دوا هەر لەم سورەتەدا باسێکی تری ماڵی هەتیو دێت. جا ئەگەر کەسێك ناچار بوو بە خواردنی ماڵی هەتیو لە پاشان دەوڵەمەند بو بیداتەوە یان نە، دوو بۆچون هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە نەخێر پێویست ناکات بیداتەوە کە ئەمەشیان راستە لە لای زانایانی شافیعی مەزهەبدا، چونکە ئایەتەکە حەڵاڵی کردوە بۆ ناچارو باسی بژاردنەوەی نەکردوە بەڵێ ماڵی هەتیوان دەبێ بپارێزرێ تا باڵغ دەبن دیارە خەرجی هەتیوەکانی لێ دەکرێت جا ئەگەر مایەوە کاتێ باڵغ بوون دەبێ بیاندرێتەوە، جا دەفەرموێ: کاتێك کە ماڵەکەتان پێدان دەی شایەت بگرن لە سەری نەوەك شەڕو نیزاع دروست بکرێت لە دواییداو کافیە خوای گەورە حیسابی لە گەڵ دا بکات.

واتە بزانن ئەگەر تۆی شایەت بگر تەنها بۆ فڕو فێل بێت لەو شایەتیەدا تۆ رزگار نابیت جا ئاگات لە خۆت بێت بزانە کە خوای گەورە محاسەبەت لە گەڵدا دەکاتو زۆر بە وردی تەماشای ئیشەکانتان دەکاتو زەڕەی لا ون نابێت، ئینجا باسی مافی پیاوو ژن دەکات لەمیرات دەفەرموێ:

(٧) بۆ پیاوان بەشێك هەیەلەوەی کە دایك وباوکیانو خزمانیان بە میرات بە جێی دەهێڵن هەروەها بۆ ژنانیش هەیە بەشێك لەوەی کە لە دایك وباوکیانو خزمانیان بە جێ دەمێنێ لەو ماڵە کەم بێت یان زۆر بێت بەشدارن تێیدا، ئەمە بەشێکی فەرز کراوەو لەلایەن ألله‌و دانراوەو کەس بۆی نیە بیگۆڕێتو دەبێ بەو شێوەبێت کە لە پاشدا باس دەکرێت بۆمان، ئینجا خوای گەورە یاسایەکی تر سەبارەت بەو کەسانەی کە لە کاتی دابەشکردنی میرات دا ئامادە دەبن باس دەکات ودەفەرموێ:

(٨) خۆ ئەگەر لەکاتی دابەشکردنی میراتدا خزمانی نزیکیو هەتیوانوکەم دەستان لەوێ بوونو میراتیان وە بەر نەدەکەوت ئەوە لەو ماڵە بەشی ئەوانیش بدەن، جا زۆرێك لە زانایان پێیان وایە کە ئەم ئایەتە مەنسوخە بە ئایەتی (ارث) وە بە گوێرەی ئوسولّ بە مەنسوخ دانەنرێت چاکەو ئەگەر ئەوانە حازر بون شتێکیان پێ بدرێت ئەمە ریواتێکە لە عبدالله ی کوری عەباسەوە. وە قسەیان لە گەلدا بکەن بە قسەیەکی جوان، وە ئەگەر هەر نەگونجا هیچ بەوانە بدرێت با بە قسەیەکی جوان دڵی ئەو جۆرە خزمە فەقیرو هەتیوانەی تر بدرێتەوە ج بڵێین ئایەتەکە مەنسوخە یان ماڵەکە وا نیە شتێ بەوان بدرێت وەك باخو رەزو خانو.

(٩) با بترسن ئەو کەسانەی کە ئەگەر لە پاش خۆیان منالأنێکی لاواز بە جێ بهێلن کەبترسن لێیان کە چییان پێ بکرێتو چۆنیان لە گەلدا بجولێنەوە با ئاوەهایش بجولێتەوە لە گەل ئەو هەتیوانەی کە لە ژێردەستی ئەواندایە جابا لە خوا بترسنو با قسەی جوانیان لە گەڵدا بکەن وە دڵیان نەشکێنن لە فەرمودەیەکدا کە مسلم بۆمان دەگێرێتەوە هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ دَخَلْتُ أَنَا وَهُوَ الْجَنَّةَ كَهَاتَيْنِ وَأَشَارَ بِأُصْبُعَيْهِ /رواه الترمذی/ هەر کەسێك دوو کچ ـ هی خۆی یان هەتیوبن ـ بە خێو بکات تا باڵغ دەبن لە رۆژی قیامەتدا من وئەو ئاوەهادەچینە بەهەشتەوە هیمای کرد بەدوو پەنجەی} بەشێوەیەکی تر : بابترسن ئەوکەسانەی کەمنالأنی وردیان لەپاش بەجێ دەمێنێ لەوەسیەتکردندا زیانیان پێ

لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ
مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا
مَّفْرُوضًا ﴿٧﴾ وَإِذَا حَضَرَ ٱلْقِسْمَةَ أُو۟لُوا۟ ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ
وَٱلْمَسَٰكِينُ فَٱرْزُقُوهُم مِّنْهُ وَقُولُوا۟ لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا
﴿٨﴾ وَلْيَخْشَ ٱلَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا۟ مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَٰفًا
خَافُوا۟ عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَلْيَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٩﴾
إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَٰمَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِى
بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴿١٠﴾ يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ
فِىٓ أَوْلَٰدِكُمْ ۖ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ ۚ فَإِن كُنَّ نِسَآءً
فَوْقَ ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ ۖ وَإِن كَانَتْ وَٰحِدَةً فَلَهَا
ٱلنِّصْفُ ۚ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن
كَانَ لَهُۥ وَلَدٌ ۚ فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٌ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُ ۚ
فَإِن كَانَ لَهُۥٓ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ ٱلسُّدُسُ ۚ مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِى
بِهَآ أَوْ دَيْنٍ ۗ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ
نَفْعًا ۚ فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١١﴾

نەگەیەننوباقسەی جوانیان بۆ بکەن و..... ئینجا دەفەرموێ:

(١٠) بەراستی ئەوانەی کە ماڵی هەتیوان دەخۆن بەناڕەوا ئەوانە هەر ئاگر دەخەنە ناو سکی خۆیانەوەو بەم زوانە دەخرێنە ناو ئاگرێکی بڵێسەداریشەوە واتە لە دنیادا بەخواردنی ئەوماڵەئاگر دەخەنە ناو سکی خۆیانەوە، جا دەگونجێت هەر ئاوەها بێتو خوای گەورە بیکات بە موسیبەتێك بۆ ئەو کابرایە تا هەمو سەروەتو سامانی لە بەین دەباتو دەیسوتێنێت لە دنیادا جا کە باسی هەتیوی بۆ کردین، دیارە کەسێك دەمرێت بۆیە هەتیو دەبێت جا ئەگەر ماڵو شتێکی لێ بە جێ ما چۆن دابەش دەکرێت؟ دەفەرموێ:

(١١) خوای گەورە ئا بەم شێوەیە وەسیەتتان بۆ دەکات لە بارەی منالەکانتانەوە ئەگەر هاتو کەسێك مردو منالی لێ بە جێما نێرو مێو تێکەڵاو بۆهەر کوڕێك بەوێنەی دووخوشك بەشیەتی، لێرەدا ئەوانەی کە باوەڕیان بە خواو حاکمیەتی خوا نیە دەم دەکەنەوەو خۆیان بە مشور خۆرو خەمخۆری ئافرەتان پێشان دەدەنو رەخنە لە ئایین دەگرنو دەڵێن ئایین مافی

تەواوی بە ئافرەت نەداوەو ئافرەتی بە کەم تەماشا کردوە بەڕاستی ئەمە وەك وتمان: بەڵگەی بێباوەڕیو نەزانیە، یان بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئافرەتە ئەگینا دەتوانم بڵێم لێرەدا ئافرەتان زیاتریان لە پیاوان بەر دەکەوێت، چونکە ئافرەت وەك ئەو بەشەی خۆی دەبات کە نیوەی براکەیە مەسرەفی هەر لە سەر برای گەورەیە تا شو دەکاتو ئینجا مەسرەفی لە سەر مێردەکەیەتیو ئەگەر بە ئەندازەی چیایەك ماڵی خۆی هەبێت دەتوانێ هیچی لێ خەرج نەکات، بەڵام براکەی خەرجی خوشکەکەی تا شو دەکاتو خەرجی خۆیو خەرجی ژن هێنانی لە سەرە دەی ئایا ئەمەی کە بردویەتی زۆرە یان کەم لە چاو خوشکەکەیدا؟ لەو بارەوە ئەو ئافرەتانە مافی کەسیان لەسەرنییە بەڵام لە بەر ئەوەی کە کابرای مردو هی هەردووکیانەو هەردوو دڵیان بریندار بوە نیوەی براکەی پێ دەدرێت، جا ئەگەر هەر ئافرەت بوونو زیاتر لە دووان بوون ـ ئەگەر دوانیش بوون ـ وەك لە فەرمودەی سەحیحدا هاتوە ئەوسا دوو بەش لە سێ بەشی تەواوی ئەو ماڵە بۆئەوانە واتە ئەگەر کابرا بمرێت دوو کچ یان دوو خوشك یان زیاتر لەوانەی هەبێت دەبێ ئەو ماڵە دابەش بکەن بە سێ بەشو دوو بەشی ئەو ماڵە بەوان بدرێت، وە بەشێك دەمێنێتەوەو ئەگەر یەك کچی بوو، یان یەك خوشکی بوو ئەوسا نیوەی ماڵەکە بۆ ئەو دەبێتو نیوەکەی تری دەمێنێتەوە جا ئەگەر (بیت المال) رێك وپێك نەبوو دابەشی دەکەن بە سەر ئەو کەسانەی کە خاوەنی فەرزو واجبەکانن ـ جگە لەپیاوژن بە گوێرەی دابەش کردنی خۆیان لە پێشەوە، پیاوو ژن هەر فەزە دیارییەکەی خۆیان پێ دەدرێتو بۆ باوكو دایکی مردوەکە، لەوەی کە بەجێماوە لە پاش مردوەکە ئەگەر ئەو مردوە منالێ ، کوڕ یان کچی بوو شەش یەك دەبەن خۆئەگەر مردوو منالی نەبوو یان منالی کوڕی نەبوو لەم کاتەدا دایك سێ یەکی ماڵەکە دەبات، جائەگەر چەند برا یان خوشکێکی بوو ئەو کاتە دایکی دووبارە شەش یەك وەردەگرێت واتە دایکی سێ یەکی ماڵەکە دەبات کاتێ مردوو نە منالی ببێت وە نە منالی کوڕی ببێت وە نە ژمارەیەك لە خوشك برای هەبن وە ئەگەر یەکێك لەوانە بوو دایك شەش یەکی ماڵەکە دەبات ئەمەش لە پاش ئەنجامدانی وەسیەتێك کە ئەو مردوە دەیکات یان دانەوەی قەرزەکانی. ئەوە بەو مانا نیە کە قەرزەکە لە دواییدا بدرێتەوە بەڵکو پێشەکی قەرز دەدرێتەوە ئینجا وەسیەتەکەی جێ بەجێ دەکرێت بە مەرجێك لە سێیەکی ماڵەکە تێ نەپەڕێتو پاشان بە سەر میرات گراندا دابەش دەکرێت بەو شێوەیە کە باسکرا، ئینجا دەفەرموێ: باوکانتانو کوڕەکانتان ئێوە نازانن کامیان سودیان زۆرترە بۆتان، کەواتە نە باوك بێ بەش دەبێتو نە ئەولادی بێ بەش دەبێت واتە هەرگیز دایك وباوك بێ بەش نابن لە ماڵی ئەولادیان وە ئەلادیش بێ بەش نابێت لە ماڵی دایك وباوك ئەگەرشتێك نە بێ بە هۆی بەرگری.

هەندێ کەس دەڵێت فلانە کوڕم بێبەری کردوە ئەوە بە هیچ شێوەیەك بێبەری نابێتو قسەیەکی هەڵەیە، چونکە خوا دەفەرموێ: ئێوە نازانن کامیان سودیان زیاتر دەبێتو ئەو بەشەش دیاری کراوە لە لایەنی خوا وەو کەس بۆی نیە دەستکاری بکات، بە بێگومان کە ﷲ زانەرەو دانایەو ئیشی بێسودی نیە، کەواتە کەس مافی دەست کاری نیە. ئەم ئایەتەو ئایەتی پاش ئەمو ئایەتی ئاخیری ئەم سورەتە کە سێ ئایەتن لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی میرات دەدوێن، هەر چەند فەرمودەی پێغەمبەرﷺ لەم بارەوە هاتوە هەموی بەیانی ئەم سێ ئایەتەنو ئەم عیلمە عیلمێکی زۆرگرنگەو وتراوە یەکەم عیلمە کە لە بیر دەچێتەوە. جابیری کوڕی عەبدوڵا دەڵێت: نەخۆش بووم پێغەمبەری خواﷺ کە ئەبو بەکری لە گەڵدا بوو هاتە سەرە خۆشیم بە پیادە لە ناو خێلی (بەنی سەلەمە)دا پێغەمبەری دی کە من هۆشم بە خۆم نیە، داوای کرد هەندێ ئاویان بۆ هێناو دەست نوێژی لێ گرت لە پاشان هەندێ ئاوی لێ پرژاندم دەسو دەم هۆشم بە خۆم هاتەوە وتم چ پرپارێکت هەیە ئەی پێغەبەری خواﷺ لە بارەی ماڵەکەمەوە؟ ئەم ئایەتەدابەزی ﴿ يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ ﴾ متفق عليه}

ئەمەی کە باسکرا سەبارەت بە دابەزینی ئەم ئایەتە لەوە دەچێت ئەم پرسیارە وەڵامی هۆی دابەزینی ئاخر ئایەتی ئەم سورەتە بێت، چونکە لە وکاتەدا جابیر خوشکی بوەو (کەلالەی) پێ دەوترێت ئەم فەرمودەیەی تر دیسان کە لە جابیرەوە هاتووە نزیکترە کە خێزانی کوڕی سەعدی رەبیع هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺئەمە دوو کچەکەی سەعدە کە باوکیان لە گەڵ تۆ دا لە ئوحود دا شەهید بوو بەراستی مامەکەیان ماڵەکەی بردونو هیچی بۆ ئەمان نەهێشتوەتەوە، ئەگەر ماڵیشیان نەبێت کەس نایانخوازێت جابیر دەڵێت: پێغەمبەرﷺ فەرموی خوا لەم بارەوە فرمان دەردەکات، جابیر دەڵێت هەر بە دوای ئەوەدا ئایەتی(میرات) دابەزیو پێغەمبەری خواﷺ ناردی بە شوێن مامەکەیان داو فەرموی: {أَعْطِ ابْنَتَيْ سَعْدٍ الثُّلُثَيْنِ وَأَعْطِ أُمَّهُمَا الثُّمُنَ وَمَا بَقِيَ

فَهُوَ لَكَ/رواه الترمذی /بە دوو کچەکەی سەعد دوسێیەکی
ماڵەکەیان پێ بدەو هەشت یەکی ماڵەکە بدە بە دایکەکەیانو
ئەوەی کە ئەمێنێتەوە بۆ خۆت} لێرەوە دەرکەوت کە دوو
کچیش هەر دوو بەش لە سێ بەشی تەواوی ماڵەکە ئەبەن.
ئەوەش بزانە کە دایك بە سێ شێوە میرات دەبات کە
دووانیانمان لە پێشەوە باس کردوە سێهەمیان ئەوەیە کە دایك
پاش مافی مێرد یان ژن یەك بەش لە سێ بەشی باقی دەبات وە
ئەوەی کە دەمێنێتەوە باوك دەیبات ئەویش تەنها لەم دوو
جێگادا دەبێت: یەکەم: کابرایەك بمرێت دایك وباوكو ژنی
هەبێت،کەژنەکە چواریەکی تەواوی ماڵەکە دەباتو دایکەکە سێ
یەکی باقی ماڵەکەوئەوی تر هی باوکە دووهەم: ژنێك بمرێت
دایك وباوكو مێردی هەبێت. مێردەکە نیوەی دەبات پاشان
لەنیوەکەی تری دایکی سێیەك دەباتو باقی هی باوکێتی،
درێژەی ئەم باسانە لە پەڕاوە فیقهەکاندا تەماشا بکە، ئینجا
دەچینە سەر ئایەتی دووهەمی میرات کە دەفەرموێ:

(١٢) نیوەی میراتێ کە لە خێزانەکانتان بە جێ دەمێنێ بۆ
ئێوەیە ئەگەر ئەو ژنانە منداڵ، یان منداڵی کوڕیان نەبێت چ
لەو مێردە یان لە مێردێکی تری، وە ئەگەر منداڵ یان منداڵی
کوڕیان بوو ئەو کاتە ئێوەی مێرد چواریەك دەبەن لەوەی کەلە
ژنەکانتان بە جێ ماوە پاش ئەنجامدانی وەسیەتێك کە
کردویانەو دانەوەی قەرزێك کە لە لایان بێت، کەواتە دانەوەی
قەرزەکە لەپێش دابەش کردنە، ئینجا بزانن بە پێچەوانەوە
ئەگەر مێردەکە بمرێتو ژنەکە بمێنێتەوە، ئەوان چوار یەکیان
هەیە لەوەی کە ئێوەی مێرد بە جێی دەهێڵن لەماڵو سامان
ئەگەر ئێوەش منداڵ یان منداڵی کوڕتان نەبوو ئەگەر منداڵ
یان مناڵی کوڕتان هەبوو ئەوسا ژنەکان هەشت یەکیان هەیە.
زیادەیە کەدەمێنێتەوە ئەگەر کەسی نەبوو بە (بیت المال)
دەدرێت. پێویستە ئەوە بزانین ئەگەر ژنەکان دوو یان سێ یان
چوار بوون هەر هەشت یەکیان هەیە ئەگەر کابرا مناڵی هەبوو
ئەگەر مناڵیشی نەبوو بە هەمویان چواریەك دەبەن ئەمەش
دوای جێ بە جێ کردنی وەسیەتەکەتانو دانەوەی
قەرزەکانتانە. وە ئەگەر پیاوێك ئیرسی لێ دەبەرا بە شێوەی
"کەلالەی"یان ژنێك بە شێوەی کەلالەی ئیرسی لێ دەبرا.
(کلالە) واتە ئەو کەسەیە کە نە ئەسڵی هەبێت وە نە فەرع
واتە نە دایك وباوکی هەبێتو نە منداڵیشی هەبێتو بمرێت وە
برا یان خوشکێکی دایکی هەبێت ئەوسا بۆهەمو یەکێك لەوانە
شەش یەکی ماڵەکەی پێ دەدرێت چ خوشك بێت چ برا ئەوسا

وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن
لَّهُنَّ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا
تَرَكْنَ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ
وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ
فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم
مِّن بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَإِن كَانَ
رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ
وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ فَإِن كَانُوا أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ
فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَىٰ بِهَا
أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَارٍّ وَصِيَّةً مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ
(١٢) تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ
يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ
خَالِدِينَ فِيهَا وَذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (١٣)
وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ
نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُّهِينٌ (١٤)

ئەگەر زیاتر لەیەك بوون لەوانە جا ئەو کاتە شەریکن لە سێ
یەك دا چ هەمویان پیاو بن چ هەمویان ژن بن چ تێکەڵاو بن بە
بێ جیاوازی لە نێوان نێرومێدا لێیان بەش دەکرێت لە دوای
وەسیەتێك کە کردویانە یان دانەوەی قەرزێك کە لە سەریانە
بەو مەرجەی وەسیەتەکەی زیانگەینەر نەبێتو بۆ شتی
قەدەغە نەبێت، چونکە ئەگەر وەسیەتەکە زیانی بوو
هەڵدەوەشێتەوەو جێبەجێ ناکرێت، وە ئەمەی کە باسکرا
وەسیەتێکە لە لایەنی خواوە بۆ مرۆڤـو بۆ خاوەن باوەڕان کە
ئیشی پێ بکەن، وە بەراستی خوا زانەرو بەحەوسەڵەیە.
پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ اللَّهَ قَدْ أَعْطَى لِكُلِّ ذِي حَقٍّ
حَقَّهُ فَلَا وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ / ابو داود، ابن ماجة، صححة الالبانی/ خوا بە
هەموو خاوەن مافێك مافی خۆی پێداوە کە وابوو نا بێ
وەسیەت بکرێت بۆ کەسێك کە خۆی میرات گر بێت}

(١٣) ئەوەی کە باس کران سنورگەلێکن کە خوای گەورە
دایناونو هەرکەسێك بەشێکی هەبوو دەبێ بەو شێوەیە
پێی بدرێتو هەر کەسێك ئیتاعەی خواو
پێغەمبەرەکەیﷺ بکات، خوا دەیخاتە ناو بەهەشتانێکەوە
کە لە ژێر ئەو بەهەشتانەدا چەندین جۆگە دەڕوات کە بۆ
هەمیشە تێیدا دەمێننەوەو بەراستی ئەوەیە بەهرەو

وَٱلَّٰتِي يَأۡتِينَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمۡ فَٱسۡتَشۡهِدُواْ
عَلَيۡهِنَّ أَرۡبَعَةٗ مِّنكُمۡۖ فَإِن شَهِدُواْ فَأَمۡسِكُوهُنَّ فِي
ٱلۡبُيُوتِ حَتَّىٰ يَتَوَفَّىٰهُنَّ ٱلۡمَوۡتُ أَوۡ يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلٗا
(١٥) وَٱلَّذَانِ يَأۡتِيَٰنِهَا مِنكُمۡ فَـَٔاذُوهُمَاۖ فَإِن تَابَا
وَأَصۡلَحَا فَأَعۡرِضُواْ عَنۡهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ تَوَّابٗا رَّحِيمًا
(١٦) إِنَّمَا ٱلتَّوۡبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ
ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٖ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡۗ وَكَانَ
ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا (١٧) وَلَيۡسَتِ ٱلتَّوۡبَةُ لِلَّذِينَ
يَعۡمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ
قَالَ إِنِّي تُبۡتُ ٱلۡـَٰٔنَ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمۡ كُفَّارٌۚ
أُوْلَٰٓئِكَ أَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمٗا (١٨) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَرِثُواْ ٱلنِّسَآءَ كَرۡهٗاۖ وَلَا تَعۡضُلُوهُنَّ
لِتَذۡهَبُواْ بِبَعۡضِ مَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ إِلَّآ أَن يَأۡتِينَ بِفَٰحِشَةٖ
مُّبَيِّنَةٖۚ وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ فَإِن كَرِهۡتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ
أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَيَجۡعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيۡرٗا كَثِيرٗا (١٩)

دەستكەوتی گەورە. جاسەبارەت بە سەرپێچی كەرانیش دەفەرموێ:

(١٤) وە هەر كەسێك نا فرمانی خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ بكات و سنورەكانی خوا ببەزێنێت خوای گەورە دەیخاتە ناو ئاگرێكی گەورەوە كەبۆ هەمیشە تێیدا دەمێنتەوەو بۆ ئەو هەیە سزایەكی وا كە گاڵتەی پێ دەكات. ئەوەتە دۆزەخیان بەهێزی ئاگر بەرز دەكرینەوە تا نزیكی دەرگای جەهەننەم دەبنەوە دیسان فریشتەكان بە گورزی ئاگرین لێیان دەدەن‌و سەرەو خواریان دەكەنەوە بە ناو ئاگردائا بەو شێوەیەیاریان پێ دەكرێ. ئینجا ﷲ حوكمێكی ترمان بۆ باس دەكات ودەفەرموێ:

(١٥) ئەو ئافرەتانەی كە داوێن پیسی بكەن لە ژنانتان داوای چوار شایەت بكەن لە خۆتان، واتە ئەو بڕیارە سەبارەت بە ئافرەتی موسڵمانە، جا ئێمە ئەگەر حوكمان لە دەست دابوو كافر لە ولاتماندا ژیا بەو مەرجانەی كە بۆی دانراوەو شتی خراپی وای كرد لە ناو خۆیاندا تا خۆیان نەیەنە دادگا ئێمە لێیان ناپرسینەوە بەڵام ئەگەر هاتنە لامان دە بێ حوكمیان بۆ بكەین بەو شێوەی كە حوكم دەكەین بە سەر ئافرەتی موسڵمان دا، ئینجا دەفەرموێ: ئەگەر شتێكی وایان كرد واتە ئەگەر بە چوار شایەت نەبێت ئەو تاوانە سابت نابێت، چونكە ئەوە ئیشێكی خراپەو نا بێ بە گومان ئەو نیسبەتەی لێ بدرێت و ئەگەر بەم شێوەیە سابت نەبو هەر كەسێك باسی بكات دەبێ حەدی لێ بدرێت كە هەشتا دارە جا ئەگەر هات‌و چوار نەفەر شایەتیان لە سەر دا ئەو كاتە زیندانیان بكەن لە ماڵەكەی خۆیاندا هەتا دەمرن یان تاخوای گەورە دەرگایەكیان لێ دەكاتەوە ئەمە بەر لەوە بوە كە ئایەتی دیاری كردنی حەدی زینا دابەزێت كاتێ سورەتی (النور) دابەزی پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: {خُذُوا عَنِّي خُذُوا عَنِّي قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا الْبِكْرُ بِالْبِكْرِ جَلْدُ مِائَةٍ وَنَفْيُ سَنَةٍ وَالثَّيِّبُ بِالثَّيِّبِ جَلْدُ مِائَةٍ وَالرَّجْمُ /مسلم وغيرة/ فەرموی: لێم وەرگرن، لێم وەرگرن خوا دەرگای لێ كردنەوە ئەوەی كەنیكاحی حەلاڵی نەدیبێت سەد داری لێ دەدرێت‌و ساڵێكیش دوور دەخرێتەوە، وە ئەوەش كە دی بیێتی سەد داری لێ دەدرێت‌و بەردباران دەكرێت}.

ئینجا باسی ئەو پیاوانە دەكات كە كرداری قەومی لوت دەكەن‌و دەفەرموێ:

(١٦) ئەوانەی كە شتی ئاوایان كرد ئازاریان بدەن‌و قسەیان پێ بلێن‌و سەرزنشتیان بكەن جا ئەگەر تەوبەیان كردو ئیشی باشیان كرد ئەوسا ئیتر وازیان لێ بهێنن‌و گوێیان نەدەنێ‌و باسیان نەكەن، بە بێگومان كە ﷲ تەوبە وەرگرەو بە رەحمە. وەك وتمان ئەم یاسایە بەر لە دابەزینی یاسای زینا بوەو بەو یاسایە ئەم حوكمە هەڵوەشاوەتەوە، زینا كار پیاو بێت یان ئافرەت بەو شێوەیە كە لەو فەرمودەی پێشوەدا باسمان كرد، وەبۆ ئەوانەش كە ئیشی قەومی لوت ئەنجام دەدەن پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {مَنْ وَجَدْتُمُوهُ يَعْمَلُ عَمَلَ قَوْمِ لُوطٍ فَاقْتُلُوا الْفَاعِلَ وَالْمَفْعُولَ بِهِ/رواه اصحاب السنن وصححه الالبانی/ هەركەسێكتان دی كە كرداری وەك كرداری گەلی لوت بكات ئەوسا هەردووكیان بكوژن. ئینجا لەبارەی تەوبەوە دەفەرموێ:

(١٧) تەوبە لە لایەنی خوا وە هەر بۆ ئەو كەسانەیە كە ئیشی خراپە دەكەن بە نەزانین، لە پاشان بەزووی تەوبە

دەکەن جا ئەمانە ﷻ تەوبەیان لێ قەبوڵ دەکات، وە خوا زانەری تەواوی نیەتو وتارو کردارو ئیشەکانەو بە حیکمەتە. قەتادە دەڵێ: (أَنَّ أَصْحَابَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ كَانُوا يَقُولُونَ: كُلُّ ذَنْبٍ أَصَابَهُ عَبْدٌ فهو جهالة عَمْدًا كَانَ أَوْ غَيْرَهُ /رَوَاهُ ابْنُ جَرِيرٍ/ هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ دەیان وت هەمو تاوانێك کە بەندە دەیکات ئەوە نەزانیو نەفامیە جی بە عەمد بێت یان بەبێ عەمد.)

(١٨) تەوبە نیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئیشی خراپەدەکەن هەتا مەرگ یەخەیان دەگرێت. زۆربەی زانایان دەڵێن کە گیان دەگاتە نزیك قورگ لەو حاڵەتەدا تەوبە قەبوڵ نیە، چونکە کابرا شوێنو وەزعی خۆی دەبینێت. لە ریوایەتا هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: {إِنَّ اللَّهَ يَقْبَلُ تَوْبَةَ الْعَبْدِ مَا لَمْ يُغَرْغِرْ/ احمد وابن ماجه وصححه الالبانی/ بێگومان کە الله تەوبەی بەندەی خۆی وەردەگرێت مادام لە سەرەمەرگو گیانداندا نە بێت}

کە ئەم ئایەتەش دەفەرموێ: تەوبە نیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئیشی خراپ دەکەن تا مردن یەخەیان دەگرێت، ئینجا لەو کاتەدا دەڵێت: بەراستی من ئێستە تەوبە دەکەم؟! جا زۆر کەس هەیە دەڵێ ئێستا کاتی تەوبە نیە کاتێ کە پیر بوم تەوبە دەکەم وەك ئەوەی کەمردن بەدەست خۆی بێت ئەی قورِ بەسەریان لە کوێ دەزانن کەی دەمرن، بەڵکو لە ناکاو مردن ئەو کاتە چی دەکەن؟

ئینجا دەفەرموێ: وە تەوبە قەبوڵ نیە بۆ ئەو کەسانەی کە بە کافری دەمرن، واتە ئەوانەی کە بە کافری دەمرن هەرچەندە پەشیمان ببنەوەو تەوبە بکەن لە قیامەتدا تەوبەیان لێ قەبوڵ ناکرێت. یان کابرا موسڵمان بوەو لە دوایدا پاشگەز بوەتەوەو بە کافری مردوە تەوبە کردنی پێشوی سودی پێ نادات کە بڵێت: من کاتی خۆی موسڵمان بووم‌و تەوبەم کردوە، بۆ ئەوان ئامادەمان کردوە سزایەکی دەردناك. لە فەرمودەیەکی تری پێغەمبەرمانا ﷺ هاتوە کە ئەمەو فەرمودەی پێشویش ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدا هێناویەتی کە دەفەرموێ: {إِنَّ اللَّهَ يَقْبَلُ تَوْبَةَ عَبْدِهِ أَوْ يَغْفِرُ لِعَبْدِهِ مَا لَمْ يَقَعْ الْحِجَابُ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا الْحِجَابُ قَالَ أَنْ تَمُوتَ النَّفْسُ وَهِيَ مُشْرِكَةٌ/ احمد، المستدرك، صححه الذهبي/ بەراستی خوا تەوبەی بەندەی خۆی وەردەگرێت یان لە بەندەی خۆی خۆش دەبێت مادام پەردە پەیدا نەبێت. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پەردە چیە؟ فەرموی: مادام ئەو گیانە بە موشریکی دەرنەچوبێت}.

ئینجا حوکمێکی ترمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(١٩) ئەی ئیمانداران حەڵاڵ نیە بۆتان کە ژنان بە ئیرس ببەن بەزۆرەملی. لە پێشا وابو ئەگەر ژنێك مێردەکەی بمردایە جا کام خزمی مێردەکەی لێی نزیك بوایە بە پەلە رای دەکردو پەلاسێکی دەدا بە سەر ژنەکەداو دەبو بە مافیو ئیتر بە کەیفی خۆی بو نیکاحی بکات بۆ ماڵەکەی یان نیکاحی نەکاتو نەی دا بە شویش تا دەمرد بۆ ئەوەی هەرچی ماڵی هەیە بۆ ئەو بێت خوای گەورە ئەوەی هەڵوەشاندەوە.

وە مەنعیشیان نەکەن لە مێرد کردن ئەگەر ویستیان مێرد بکەن بۆ ئەوەی کە هەندێك شتیان لێ بستێنن کە پێتان داون مەگەر داوێن پیسی بکەن چونکە بەو داوێن پیسیە زیانیان گەیاندوەبە حورمەت وریزی ئەو بنەماڵەیە بۆیە بۆیان هەیە کە تۆڵەیان لێ وەربگرنەوە وبڵێن: چەندێ زیانمان کردوە ئەوەندەمان دەوێت ئینجا وازیان لێ دەهێنین، وە بە باشی لە گەلیاندا بجوڵێنەوە بە شێوەیەکی عورفو عادەت ئەوسا ئەگەر ئێوەرقتان لەو ژنانە هەیەو خۆشتان ناوون نزیکە خوای گەورە خێرێکی زۆری تێدا دانابن وەك ئەوەی کە کابرا ئافرەتێك کە خێزانیەتی خۆشی ناوێت کەچی خوای گەورە چەند ئەولادێکی باشو ساڵحی پێ دەداتو دەبن بە مایەی خێر بۆ دایك وباوکیان لە بەر ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {لَا يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ /مسلم/ با هیچ پیاوێکی ئیماندار رقی نەبێت لە هیچ ئافرەتێکی ئیماندار، چونکە ئەگەر بێزارە لەرەوشتێکی ناشیرینی رەوشتێکی جوانیشی تێیدایە کە پەسەندی بێت}

وَإِنْ أَرَدتُّمُ ٱسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَءَاتَيْتُمْ
إِحْدَىٰهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا۟ مِنْهُ شَيْـًٔا ۚ أَتَأْخُذُونَهُۥ
بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٢٠﴾ وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُۥ وَقَدْ أَفْضَىٰ
بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَٰقًا
غَلِيظًا ﴿٢١﴾ وَلَا تَنكِحُوا۟ مَا نَكَحَ ءَابَآؤُكُم مِّنَ
ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَمَقْتًا
وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٢٢﴾ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَٰتُكُمْ
وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَٰتُكُمْ وَعَمَّٰتُكُمْ وَخَٰلَٰتُكُمْ وَبَنَاتُ
ٱلْأَخِ وَبَنَاتُ ٱلْأُخْتِ وَأُمَّهَٰتُكُمُ ٱلَّٰتِىٓ أَرْضَعْنَكُمْ
وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَٰعَةِ وَأُمَّهَٰتُ نِسَآئِكُمْ
وَرَبَٰٓئِبُكُمُ ٱلَّٰتِى فِى حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ
ٱلَّٰتِى دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُوا۟ دَخَلْتُم بِهِنَّ
فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَٰٓئِلُ أَبْنَآئِكُمُ ٱلَّذِينَ
مِنْ أَصْلَٰبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُوا۟ بَيْنَ ٱلْأُخْتَيْنِ
إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٢٣﴾

﴿٢٠﴾ ئەگەر ویستتان ژنێك تەلاق بدەنو ژنێکی تر بخوازن و کۆمەڵە پارەیەکتان دابێت بەو ژنەی پێشوو کە ئێستا دەتانەوێ تەڵاقی بدەنو لێی جیاببنەوە ئەوسا هیچی لێ وەرنەگرنەوە، ئایا دەتانەوێ دوچاری سەرگەردانی بکەنو تاوانێکی ئاشکراش بکەن بەو وەرگرتنەوەیە. چونکە ئەو پارەیە مافی ئەو ئافرەتەیەو بە گواستنەوەی بوە بە موڵکی جا بەتەڵاقی دانی بەڵێنی هاوسەریتان نەبردە سەرو دەتانەوێت ماڵەکەیشی بخۆن؟! ئابەوشێوەیە خوا داکۆکی لەسەر مافی ئافرەت دەکات.

﴿٢١﴾ دەی چۆن ئێوە ئەو ماڵەی لێ وەردەگرنەوە خۆ ئێوە بە شێوەی نهێنی لەیەکتر نزیك بونەتەوەو لە ئێوە پەیمانێکی گەورەیان وەرگرتوە کە هاوسەریان بن. ئابەم شێوەیە خوای گەور سۆزی ئەو مرۆڤە دەجولێنێ تا دەست لەو سەرکەشیو لەج بازیەی خۆی بکێشێتەوەو بە شێوەیەکی جوان لە گەل ئەو ئافرەتەدا رەفتار بکات، چونکە ئەوانە بە بۆنەی کەلیمەی خواوە حەڵاڵ بوون بۆتان بۆچی ئێستە بەو شێوەیەی کە خوا دەفەرموێ: رەفتاریان لە گەلدا ناکەن؟ ئینجا خوا باسی ئەو ئافرەتانەمان بۆ دەکات کە نیکاحیان دروست نیە کە ئەمانەش چوار بەشن، یەکەم: ئەوانەی کە بە نەسب حەرام دەبن. دووهەم: ئەوانەی کە بە هۆی شیرەوە حەرام دەبن سێهەم: ئەوانەی کە بە هۆی ژن خوازییەوە(مصاهرە)وە حەرام دەبن. چوارەم: ئەوانەی کە نیکاح کراوی کەسێکی ترن. پێشەکی باسی نیکاحی سەردەمی نەفامیمان بۆ دەکاتو هەڵیدەوەشێنێتەوەو دەفەرموێ:

﴿٢٢﴾ ئەوئافرەتانەی کە باوکانتان نیکاحی کردوە نیکاحیان نەکەن مەگەر کەسێك کە لە پێش زانینی ئەم بڕیارەدا ئەو نیکاحەی کردبێت بە بێگومان ئەوەهەم زینایە هەم جێگای رقو ڤینی خوایەو پیسترین ڕێگای ژنو ژن خوازیە. کە ئەمە ڕێز دانانی خوایە بۆ باوکان تەنانەت هەر بە نیکاح کردنی حەرام دەبێت لە سەر کوڕانی کابراو ئەمە ڤسەی هەمو زانایانە. ئینجا دەچێتە سەر باس کردنی ئەو چوار تاقمەی کە نیکاحیان دروست نیەو دەفەرموێ:

﴿٢٣﴾ حەرام کراوە لە سەر ئێوە دایکانتانو کچانتانو خوشکانتانو پورە باوکییەکانتانو خوشکانی دایکانتانو کچانی براکانتانو کچانی خوشکانتانو ئەو ئافرەتانەی کەشیریان بە ئێوە داوەو خوشکانی شیریتان. ئەو کەسەی کە شیری ئافرەتێکی خوارد ئەو ئافرەتە ئەبێت بە دایکی جائەو ئافرەتە هەرچی منالی ببێت، دەبێت بەبراو خوشکی ئەو کەسە، وەدایکی ژنانتان (خەسو) هەر بە نیکاح کردنی کچەکەی نیکاحی دایکەکەی بۆ هەمیشە حەرام دەبێتو حەرام دەبێت لێتان کۆڵەوسەکانتان (کچی ژن لە مێردێکی تری) کە لاتان بن بەو مەرجەی چوبنە لای دایکیان بەڵام ئەگەر هەر نیکاحی دایکیان کردنو نەیانگواستنەوەو تەڵاقیان دان دەتوانن کچەکانیان نیکاح بکەن ئیتر ئەوە مەرج نیە کە ئەو کچانە لای خۆتان بن یان نە. بە چونە لای دایکەکەیان نیکاحیان حەرام دەبێت بۆ هەمیشە ئەمە بەشی سێهەمی بوو کە بەشی دووهەمی دایك وخوشکی شیربوو باس کران، پێویستە ئەوە بزانین کە هەرچی بە نەسەب حەرام دەبێت بە شیریش حەرام دەبێت واتە دایك وکچی شیریو خوشك وپور چ خوشکی

۞ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ
كِتَٰبَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمْ أَن تَبْتَغُوا۟
بِأَمْوَٰلِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ فَمَا ٱسْتَمْتَعْتُم بِهِۦ
مِنْهُنَّ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ
فِيمَا تَرَٰضَيْتُم بِهِۦ مِنۢ بَعْدِ ٱلْفَرِيضَةِ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا
حَكِيمًا ﴿٢٤﴾ وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا أَن يَنكِحَ
ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن
فَتَيَٰتِكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِكُم بَعْضُكُم مِّنۢ
بَعْضٍ فَٱنكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَءَاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ
بِٱلْمَعْرُوفِ مُحْصَنَٰتٍ غَيْرَ مُسَٰفِحَٰتٍ وَلَا مُتَّخِذَٰتِ
أَخْدَانٍ فَإِذَآ أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَٰحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ
مَا عَلَى ٱلْمُحْصَنَٰتِ مِنَ ٱلْعَذَابِ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِىَ
ٱلْعَنَتَ مِنكُمْ وَأَن تَصْبِرُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ
﴿٢٥﴾ يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ ٱلَّذِينَ
مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦﴾

دایکی یان باوکی‌و کچی برای شیری هەتا بڕوات‌و کچی خوشکی شیری هەتا بڕوات ژنی کوڕی شیری ژنی کوڕی کوڕی شیری هەتا بڕوات، ئینجا یەکێکی تر لەو ئافرەتانەی کە حەرام دەبن لە سەر پیاو بریتیە لە ژنانی کوڕی نەسەبیتان. بەم نەسەبیە لابردنی بە کوڕ کردنە (التَّبنی) مەبەستە کە ئیسلام ئەمەی هەڵوەشاندوەتەوە. وە هەروەها حەرامە کۆ کردنەوەی دوو خوشك، مەگەر بۆ ئەو کەسەی کە پێش هاتنی ئەم حوکمە ئەو شتەی ئەنجام دابێت، ئینجا دەفەرموێ: بە بێگومان کە الله لێبوردەو بە سۆزە بۆ بەندەکانی ئەگەر کەسێك یەکێك لەو تاوانانەی ئەنجام دا لە پاشان تەوبەی لێ کرد با دڵنیا بێ کە خوا لێی خۆش دەبێت، چونکەزۆر میهرەبانە. ئیبنو عەباس دەڵێت خەڵکی نەفام هەرچی خوا حەرامی کرد بو بە حەرامیان دائەنا بێجگە لە نیکاحی ژنی باوك‌و کۆکردنەوەی دوو خوشك بۆیە خوا ئەم ئایەتانەی ڕەوانە کرد یەکەم: ﴿ وَلَا تَنكِحُوا۟ مَا نَكَحَ ءَابَآؤُكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ﴾ دووهەم: ﴿وَأَن تَجْمَعُوا۟ بَيْنَ ٱلْأُخْتَيْنِ﴾ ئینجا الله باسی بەشێکی ترمان بۆ دەکات‌و دەفەرموێ:

﴿٢٤﴾ وە ئەو ئافرەتانەی کەوا خاوەن مێردن بۆ کەسی تر حەڵاڵ نین مەگەر ئەوەی کە ببێت بە موڵکی خۆتان ئەمانە گوێ نادرێت پێیان مادام لە شەڕا گیران، یان بەکڕین بوون بەموڵکتان کتێبەکەی خوا بگرن‌و دەستورەکانی خوا جێ بە جێ بکەن بێجگە لەوانەی کە وتمان ئیتر حەڵاڵە بۆتان، بەمەرجێك بە ماڵی خۆتان واتە مارەی بدەن بەو ئافرەتانەو پیاو چاك بن نەزینا کارو داوێن پیس بن. جا ئەگەر لەزەتتان وەرگرت لەو ئافرەتانە بە بەڵێندانی مارەییەکەیان سائیتر ئەو مارەییانە پێ بدەن چونکە ئەوەشتێکی فەرزو دانراوەومافی خۆیانە، مەگەر خۆیان عەفوتان بکەن. بەڵام گوناح نیە بۆتان لەوەی کە ڕازی دەبن لە بەینی خۆتاندا لە دوای دیاری کراوەکە بۆ نمونە کابرا بڕیاری داوە هەزار دیناری پێبدات‌و مارە بڕاوەلەسەری بەڵام ئافرەتەکە بڵێت پێنجسەد دیناری وەردەگرم یان کابرا بڵێت: هەزارو دووسەد دیناری پێ دەدەم، بەبێگومان کە الله زانەرەو ئیشەکانیشی بە حیکمەتە. بەڵێ مارەیی پێویستە ئەگەر مارەی نەدەن بە ئافرەت، ئەو ژنە حەڵاڵ نابێت بۆ ئێوە مەگەر ئافرەتەکە خۆی بڵێت نامەوێ. چونکە جارێکیان ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەرﷺ وتی: من حەز دەکەم بم کەی بە هاوسەری خۆت. پێغەمبەرﷺ سەرێکی هەڵبڕی‌و تەماشایەکی کردو فەرمووی من ئیحتیاجیم بە ژن نیە. سەحابەیەکی تر دانیشتبو وتی: مارەی بکە لە من. فەرمووی: چیت بۆ پەیدا دەبێت بیهێنە، هیچی پێ پەیدا نەبو پاشان فەرمووی: بڕۆ ئەنگوستیلەیەك بهێنە بۆم، گەڕا پێی پەیدا نەبو سەحابەکە وتی: کراسێکم هەیە لە سەر ئەو کراسە مارەی ببڕە بۆم، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەو کراسە چی لێ بکات، ئەگەر ئەو دەی دا بە خۆیدا تۆ ڕوتی، وە ئەگەر تۆ دەی دەی بە خۆتا ئەو ڕوتە ئەوە نابێت. کابرا بەینێك دانیشت‌و ئینجا هەڵساو ڕۆیشت پێغەمبەری خواﷺ بانگی کردو فەرمووی: چەندێك قورئانت لە بەرە وتی: فلانە سورەت‌و فلانە سورەت فەرمووی: باشە مارەی دەبڕم لە سەر ئەو سورەتانە کە فێری بکەیت، ئینجا لە سەر ئەوە مارەی بڕی. واتە بە بێ شتێك مارەیی نابێت. کەوابوو ئەو ئافرەتە بە هۆی ئەو شتەوە حەڵاڵ بوە.

وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ
ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُوا۟ مَيْلًا عَظِيمًا ﴿٢٧﴾ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ
عَنكُمْ ۚ وَخُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ ضَعِيفًا ﴿٢٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ لَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ إِلَّآ أَن
تَكُونَ تِجَٰرَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ ۚ وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ ۚ
إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ﴿٢٩﴾ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ عُدْوَٰنًا
وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ
يَسِيرًا ﴿٣٠﴾ إِن تَجْتَنِبُوا۟ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ
عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾
وَلَا تَتَمَنَّوْا۟ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ لِّلرِّجَالِ
نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبُوا۟ ۖ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبْنَ ۚ
وَسْـَٔلُوا۟ ٱللَّهَ مِن فَضْلِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَىْءٍ
عَلِيمًا ﴿٣٢﴾ وَلِكُلٍّ جَعَلْنَا مَوَٰلِىَ مِمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ
وَٱلْأَقْرَبُونَ ۚ وَٱلَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَٰنُكُمْ فَـَٔاتُوهُمْ
نَصِيبَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدًا ﴿٣٣﴾

تێبینی: یەکەم ـ ئافرەتی مێرد داری کافر کە گیرا دەبێ عوزرێکی ژنانە بشۆرێت ئینجا دروستە ئەو کەسەی کە بەری کەوتوە بچێتەلای. دووهەم ـ ئافرەتی موشریك‌و بت پەرست حەڵاڵ نیە بۆ موسڵمان تەنها ئافرەتی کتێبی حەڵاڵە بۆ نیکاح کردن، بەڵام ئەگەر غەنیمەت بوو ئەوانیش حەڵاڵن. سێهەم ـ پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {يَحْرُمُ مِنْ الرَّضَاعَةِ مَا يَحْرُمُ مِنْ النَّسَبِ /مسلم/ حەرام دەبێت بە شیر ئەوەی کە حەرام دەبێت بە نەسەب}

چوارەم ـ ئەو ژمارە شیرەی کە مەحرەمیەت پەیدا دەکات لە نێوان زانایاندا ناکۆکی تێدایە: هەندێك دەڵێن هەر شیردان بوو ئیتر مەحرەمیەت پەیدا دەبێت بە گوێرەی رواڵەتی ئایەتەکە ئەمە قسەی ئیمامی مالیك‌و سەعیدی کوری موسەیب‌و عوروەی کوری زوبەیر زوهریەو دەڵێن (عبدالله) ی کوری عومەریش قسەی وابوە. هەندێکی تر دەڵێن لای خوار سێ جارە لە بەر ئەوەی کە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموی: {لَا تُحَرِّمُ الْمَصَّةُ وَالْمَصَّتَانِ /مسلم/ حەرام ناکات شیردانی جارێك ودوو جار} ئەمەش قسەی ئیمامی ئەحمەدو اسحاق‌و ابو عوبەید ابو سەورەو لە عائیشەو علی‌و عەبدوڵای کوڕی زوبەیرو سولیمانی کوڕی یەسارو سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە باسکراوە. بەشی سێهەم دەڵێن بەلای کەم پێنج جارە لە بەر ئەو فەرمودەیەی کە دیسان (مسلم) لە عایشەوە دەیگێرێتەوەو دەڵێت: لەوانەی کە رەوانە کراوە لە قورئان ئەمە بوە: {عَشْرُ رَضَعَاتٍ مَعْلُومَاتٍ يُحَرِّمْنَ ثُمَّ نُسِخْنَ بِخَمْسٍ مَعْلُومَاتٍ فَتُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَهُنَّ فِيمَا يُقْرَأُ مِنْ الْقُرْآنِ /دە جار شیردانی زانراو حەرامیەت دروست دەکەن لە پاشان ئەم دەیە هەڵوەشایەوە بە پێنج جاری زانراو لە پاش ئەمە پێغەمبەری خواﷺ لە دنیا دەرچوە ئەوانە لە قورئاندا دەخوێنرانەوە} ئەمەش قسەی ئیمامی شافیعی یەو دەبێ ئەو شیردانە لە تەمەنی دووساڵی تێ نەپەڕی بێت.

چوارەم: لە غەزای ئەوتاسدا هەندێ ئافرەتی مێرد دار کەوتە بەر دەستی موسڵمانان‌و پێیان خۆش نەبوو بچنە لایان ئایەتی﴿وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ﴾ النساء: ٢٤ دابەزی (مسلم وغيره). ئینجا ئەبو سەعید دەڵێت: ئیتر بە حەڵاڵمان دانا. لە پێشدا وتمان: پاش تەواو بونی عوزرێکی ژنانە. پێنجەم: نیکاحی کاتی (المتعة) کەلەسەردەمی نەفامیدا باوبوە حەرامەو چەندین فەرمودەی راستی لە سەرە وەك دەفەرموێ: {إِنَّ النَّبِيَّ ﷺ نَهَى عَنْ الْمُتْعَةِ وَعَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الْأَهْلِيَّةِ زَمَنَ خَيْبَرَ /متفق علية/ پێغەمبەرﷺ لە کاتی سەرکەوتنی خەیبەردا بەرگری کرد لە نیکاحی کاتی‌و لە گۆشتی گوێدرێژی ماڵی}

(٢٥) هەر کەسێك لە ئێوە توانای ماڵی نەبووکە ئافرەتێکی ئازادی ئیماندار نیکاح بکات جا با لەو کچانەی کە بە دەستتان دەکەوێت بە موڵك لەو کەنیزە باوەڕدارانە نیکاح بکەن‌و خوا چاك دەزانێ بە ئیمانتان کە هەندێکتان قەوم‌وخوێشی هەندێکتانن جا بە ئیزنی ئەهلەکەیان نیکاحیان بکەن‌و بەگوێرەی باوی سەردەم مارەییەکەیان پێ بدەن کە ئەوانیش داوێن پاك بن‌و زیناکەر نەبن‌و دۆستی ژێر بە ژێریان نەبێت جا هەرکاتێ مێردیان کردپاشان زینایان کرد ئەوە نیوەی سزای ئافرەتی ئازادیان لە سەرە واتە ناکوژرێن تەنها پەنجا داریان لێ دەدەن، چونکە نیوە کوشتن نیە ئا ئەم بڕیارە کاتێك رەوایە کە

ئێوە ترسی زیناتان ببێت، وە ئەگەر سەبر کەن‌و خۆتان بگرن لەوجۆرە نکاحە باشترە بۆتان ،وە بەراستی خوای گەورە خوایەکی لێبوردەو بێنیهایەت سۆزە بۆ بەندەکانی.

(٢٦) ﷲ دەیەوێت بەم شێوەیە رۆشنی بکاتەوە بۆتان کە چیتان بۆ حلاڵەو چیتان بۆ حرامەو رێنمایتان بکات بۆ رەوشتی جوانی خەڵکانی پێش خۆتان‌و تەوبەتان لێ وەرگرێت، وە بەراستی ﷲ زانەرەو دانایەوئیشەکانی پڕلە حیکمەتە.

(٢٧) خوا دەیەوێت تەوبەلە ئێوە وەرگرێت بەڵام ئەومرۆڤە شەیتان سیفەتانەی کەپەیڕەوی ئارەزۆاتی خۆیانن دەیانەوێت کەئێوەش دوچاری سزاو بەڵا بکەن بە لادانتان لەرێگای راست بەلادانێکی گەورە.

(٢٨) خوای گەورە دەیەوێت ئیش بۆ ئێوە سوك بکات لەحاڵێکدا کە مرۆڤ لاواز دروست کراوەو توانای باری سەختی نیە.

(٢٩) ئەی ئیمانداران ماڵی یەکتر بە ناڕەوا نەخۆن مەگەر ئەو ماڵە بازرگانیەك بێت بە رەزامەندی هەردوولاتان لێی بخۆن‌و خۆتان نەکوژن بەراستی خوای گەورە بە سۆزە بەرامبەر بە ئێوە. هاتوە لە ئیبنوعەباسەوە {في الرَّجلِ يشتري منَ الرَّجلِ الثَّوبَ فيقولُ : إن رضيتُهُ أخذتُهُ وإلَّا رددتُ معَهُ درهمًا قالَ: هوَ الَّذي قالَ اللَّهُ عزَّ وجلَّ : ﴿لَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ﴾ /عمدة التفسير، صححه احمد شاكر/ لەبارەی پیاوێك کە لیباسێك دەکڕێت لە پیاوێك‌و پێی دەڵێت ئەگەر رازی بوم پێی ئەوە دەی بەم ئەگینا لەگەڵ دریهەمێکدا دەیگەڕێنمەوەبۆت، ئیبنو عەباس وتی: ئەوە ئەو فەرمودەی خودایەیە کە دەفەرموێ: ماڵی یەکتر بە ناڕەوا نەخۆن}

لە کاتی (زاتو سەلاسیل) دا عەمری کوری عاص فرماندە بوو شەو شەیتانی بوو هەوایش زۆر سارد بوو نەی وێرا خۆی بشۆرێت‌و تەیەمومی کردو ئیمامەتی نوێژی بەیانی کرد بۆ جەماعەتەکەی‌و قسەکەیان گەیاندەوە بەپێغەمبەر ﷺ پێغەمبەریش فەرموی: عەمر تۆ وات کردوە؟ وتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خواﷺ زۆر سارد بوو ترسام ئەگەر خۆم بشۆرم بمرم وفەرمودەی خوام کەوتەوە بیر کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ﴾ بۆیە تەیەموم کردو نوێژم کرد{فَضَحِكَ رَسُولُ اللهِﷺ وَلَم يَقُل شَيئا /مسلم وغيره / پێغەمبەری خواﷺ پێکەنی‌و هیچی نەوت}.

(٣٠) هەر کەسێك ئەو ئیشە بکات‌وماڵی یەکتربە دوژمن کاری‌و ستەم بخوات بەم زوانە ئێمە داخی دەکەین لە ناو ئاگردا وئەوە شتێکی زۆر ئاسانە لە لای خوا. (عەبدولڵا بەجەلی)ی وتی: پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: {كَانَ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ رَجُلٌ بِهِ جُرْحٌ فَجَزِعَ فَأَخَذَ سِكِّينًا فَحَزَّ بِهَا يَدَهُ فَمَا رَقَأَ الدَّمُ حَتَّى مَاتَ قَالَ اللَّهُ تَعَالَى بَادَرَنِي عَبْدِي بِنَفْسِهِ حَرَّمْتُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ /متفق عليه/ پیاوێك لە ناو گەلانی پێش ئێوەدا هەبوە کە برینێکی پێوە بوە جاوەقرەی نەدەگرت ئەوساهەستاو بە چەقۆ دەستێکی خۆی بڕی‌وخوێنی نەوستاوە هەتا مردو خوا فەرموی بەندەی من بە پەلە خۆی هێنایەوە لای من منیش بەهەشتم لێ قەدەغە کرد}

(٣١) ئەگەر ئێوە واز بهێنن لەو گوناهە گەورانەی کەبەرگریمان کردوە لێتان لەتاوانە بچوکەکانتان خۆش دەبین‌و دەتان خەینە شوێنێکی زۆر بە رێزو ئیحتیرامەوە. ئیبنوعەباس دەڵێ: هەر گوناهێك هەڕەشەی ئاگر یان رقی خوا یان نەفرین یان سزای لە سەر دانرابێت ئەوە گوناهی گەورەیە . وە دەڵێ: تاوانی گەورە لە حەوت سەدەوە نزیکترە تا حەوت بەڵام هیچ گوناهێك گەورە نیە کە (استغفاری) لێ بکرێت وە هیچ گوناهێکیش بچوك نیە مادام دەوامی لە سەر بکرێت. پاش ئەمە حوکمێکی ترمان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(٣٢) خۆزگە مەخوازن بەوەی کە خوا داوێتی بە هەندێکتان لەپلەومەقامی دنیایی‌ودەوڵەمەندی، بۆ پیاوان لەوەی کە بە دەستی دێنن بەشێك هەیەو بۆ ژنانیش لەوەی کە بە دەستی دێنن بەشێك هەیە جا خۆزگە مە خوازان بەڵکو داوای ماڵ‌و سامان هەر لە خوا بکەن، چونکە هەر خۆیەتی ماڵ دابەش دەکات‌و دەیدات بە هەندێك‌و نایدات بە هەندێکی تر، بەبێگومان کە ﷲ عیلمی بە هەمو شتێك هەیەو بە گوێرەی ئەو زانینەی هەندێکی دەوڵەمەند

ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ
عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ
قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ وَٱلَّٰتِى تَخَافُونَ
نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهْجُرُوهُنَّ فِى ٱلْمَضَاجِعِ
وَٱضْرِبُوهُنَّۖ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلًاۗ
إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا ﴿٣٤﴾ وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ
بَيْنِهِمَا فَٱبْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِۦ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَآ إِن
يُرِيدَآ إِصْلَٰحًا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيْنَهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا
﴿٣٥﴾ ۞ وَٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـًٔاۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ
إِحْسَٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْجَارِ
ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلْجَنۢبِ
وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن
كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا ﴿٣٦﴾ ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ
ٱلنَّاسَ بِٱلْبُخْلِ وَيَكْتُمُونَ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ
مِن فَضْلِهِۦۗ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿٣٧﴾

دەكات و هەندێكی هەژار كەوابو هەر لە خۆی بپارێرەوەو داوای نیعمەتی لێ بكە بەڵكو سۆزی بخاتە كار بۆ تۆش‌و وەڵامی دوعاكەت بداتەوە. جابە ورد بونەوە لەم ئایەتە چەند حوكمێكی گرنگ وەردەگرین یەكەم ـ هەر كەسێك كەسابەتی كرد بەرهەمەكەی دەبێت بە موڵكی، پیاو بێت یان ژن بێت. دووهەم ـ هەردووكیان دەتوانن كەسابەت بكەن. سێهەم ـ دان دەنێت بە موڵكیەتی تاكدا. چوارەم ـ هاوبەشبونی خەڵك لە ماڵی تایبەتی دا ئەوەتە فەرموی: (مِمَّا) واتە هەر یەكەی لەوان ئەوەی كە بە دەستی دێنن هەندێكی بۆ خۆیانە نەك هەموی؟!

پێنجەم ـ ئافرەت دەتوانێ هاتوچۆی بازاڕو شوێنەگشتیەكان بكات بۆ كەسابەتی حەڵاڵ بەو مەرجەی ئادابی شەرعی ریعایەت بكات.

شەشەم ـ موڵكیەتی تاك سنوری هەیە.حەوتەم ـ خۆزگە خواستن، ئەگەر بڵێ خۆزگە منیش هەمبوایە بەم مانایە گوناح نیە، بەڵام ئەگەر بڵێی خۆزگە من هەمبوایەو ئەو نەیبوایە گوناحە. ئینجا خوا حوكمێكی ترمان بۆ باس دەكات‌و دەفەرموێ:

﴿٣٣﴾ بۆ هەمو مرۆڤێك لە ئەو سەروەت‌و سامانەی كە دایك وباوك‌و خزمە نزیكەكانیان‌و ئەوكەسانەی كە بە عەقدو پەیمان بوە بە دۆستتان بە جێی دەهێڵن، بەشێك هەیە دەی بە ئەوكەسانە هەر یەكەو بەشی خۆی پێبدەن بە بێگومان كە ألله بە سەر هەمو شتێكدا حازرو ئاگادارە. لە سەرەتای ئیسلامدا پەیمانێكی برایانە دەبەستراو بەو پەیمانە دەبون بە برای یەكتر ئیتر لە حاڵەتی میرات دا بەشی دەدرا، بەڵام ئەو حوكمە هەڵوەشراوەتەوە والله اعلم جابەم شێوەیە خەڵك ئاگادار دەكاتەوە كە نەكەن لەو سامانە كەسێك بێ بەش بكەن یان كەسێك زیاتر لە مافی خۆی پێ بدەن بەڵێ خوای گەورە بە هەمو خاوەن مافێك مافی خۆی پێداوەو نا بێ دەستكاری فرمانەكانی بكرێت. جوبەیری كوڕی موتعیم دەڵێ پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: {لَا حِلْفَ فِي الْإِسْلَامِ وَأَيُّمَا حِلْفٍ كَانَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ لَمْ يَزِدْهُ الْإِسْلَامُ إِلَّا شِدَّةً /مسلم وغيرة/ هاوسوێن خواری لە ناو ئیسلامدا نیە، بەڵام هەر پەیمانێك لە سەردەمی نەفامی دا بەسرابێت ئیسلام بە هێزتری دەكات}

واتەپەیمانە كۆنەكان هەڵناوەشێنێتەوە مادام لەسەر تاوان نەبێ‌و پەیمانی تازەش دانانێت لە ناو موسڵمانا دا چونكە موسڵمانان برای یەكترن ئیترهاوسوێنی مانای چییە؟. پیاوان دوو زیادەیان هەیە بە سەر ئافرەتەوە یەكێكیان خوا پێی بەخشیوەو بە تەلاشی پیاو نیە كە بریتیە لە ژیری‌و هۆشێكی وا كە نەیداوە بە ئافرەت وەك لە فەرمودەی (صحیح) دا باسكراوە دووهەم: پیاو ماڵ خەرج دەكات لە هێنانی ئافرەت داو ژیانی دابین دەكات جا ئەویش حەقیەتی فرمانی مێردی ئەنجام بدات‌و شتێك نەكات كە لە گەل مێردەكەی دا نەگونجێت. وە ئەم ئایەتانەی كە دێن هەندێك لەو مافانەی پیاو دەست نیشان دەكەن‌و دەفەرموێ:

﴿٣٤﴾ پیاوان سەرپەرەستی ئافرەتانن كەكۆمەڵگا لەو دوو نەوعە بەشەرە دروست بووەو یاسای خوایش یاسایەكی رێك وپێكەو نارێكی وەرناگرێت‌و دەبێ یەكێك لەو دوانە سەرپەرەست بێت‌و ئەوی تریان فرمان بەردار بە هۆی ئەوزیادە بەشەی كە خوای گەورە داویەتی بە هەندێكیان

به سەر هەندێکی تریاندا واته داویەتی به پیاوو بەرزی کردوەتەوه به سەر ئافرەت دا هەر بۆیه پێغەمبەرایەتی نەدراوه به ئافرەتو نا بێ قیادەی گشتیشی پێ بدرێت، چونکه پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْرَهُمْ امْرَأَةً /البخاری/ رزگار نابێت گەلێك که ئافرەتێك بکەن به سەرپەرەستی کارو باریان}ئەم زیاده بەشه وەك له پێشەوه وتمان بەشێکی خواییەو به دەستی پیاوو ئافرەت نیه، پەروەردگار له بەر حیکمەتێك که خۆی دەزانێت وای دروست کردون بۆ جیاوازی دووهەم: به بۆنەی ئەوەی که پیاوان دەبەخشن له ماڵیان بۆ مارەیی ئافرەتو گواستنەوەی‌و دابین کردنی جێگاو خۆراكو پۆشاك دەی ئیتر کەی مەعقوله ئافرەت به سەر پیاودا رەئیس بێت. جا ئەو ئافرەته ساڵحانەی که بەراستی گەردن کەچن بۆ مێردەکانیان کەپارێزگاری ئابروو شەرەفی مێردەکەیانن کاتێ که مێردیان لا نەبێتو ماڵەکانیان دەپارێزن لەناوچونو خراپ بوون بەوشێوەی که خوای گەوره فرمانی پارێزگاری پێداون، جا ئەو ئافرەتانەی که بەرامبەر به مێردەکانیان راست دەبنەوەودەمه دەمەیان له گەلدا دەکەنو ئیشەکانیان به گوێرەی قسەی ئەوان ئەنجام نادەن سەرەتا ئامۆژگاریان بکەن ئەگەر ماوەیەك به سەرا چوو ئامۆژگاری سودی نەبوو جێگای خەوتنیان لێ جیا بکەنەوه ئینجا ئەگەر بەمەش هەر تەمبێ نەبوو لەسەرلەجبازی خۆی هەر بەردەوام بوون دەبێ لێیان بدەن، بەڵام پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ئەو لێدانه نابێت برینداری بکات و نابێ له دەمو چاوی بدرێت.ئەوسا ئەگەر هاتو ئەو ئافرەتانه ئیتاعەی ئێوەیان کرد بۆتان نیه ئازاریان بدەن بەراستی خوابڵند مەقامو زاڵه به سەر هەمو شتێکداو گەورەیه. خوا باسی گەورەیی خۆی دەکات واته ئەی پیاو وا مەزانه که تۆ زاڵو گەورەیتو ئەو ئافرەته زەعیفه له بەردەستدایه هەرچی به کەیفی خۆته له گەلیدا بکەیت چاك بزانه خوایەکیش هەیه له تۆ زاڵترو زۆر گەورەترەو تۆڵەت لێ دەسێنێتو له دەستی دەرناچیت پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {أَلَا وَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا فَإِنَّمَا هُنَّ عَوَانٌ عِنْدَكُمْ لَيْسَ تَمْلِكُونَ مِنْهُنَّ شَيْئًا غَيْرَ ذَلِكَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ فَإِنْ فَعَلْنَ فَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْبًا غَيْرَ مُبَرِّحٍ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا أَلَا إِنَّ لَكُمْ عَلَى نِسَائِكُمْ حَقًّا وَلِنِسَائِكُمْ عَلَيْكُمْ حَقًّا فَأَمَّا حَقُّكُمْ عَلَى نِسَائِكُمْ فَلَا يُوطِئْنَ فُرُشَكُمْ مَنْ تَكْرَهُونَ وَلَا يَأْذَنَّ فِي بُيُوتِكُمْ لِمَنْ تَكْرَهُونَ أَلَا وَحَقُّهُنَّ عَلَيْكُمْ أَنْ تُحْسِنُوا إِلَيْهِنَّ فِي كِسْوَتِهِنَّ وَطَعَامِهِنَّ/رواه الترمذی وحسنه الالبانی/ وریابن لەگەل ئافرەتاندا بەچاکی رەفتار بکەن جا بێگومان که ئەوانه بەندکراوانێکن لەلای ئێوەو ئێوەجگه لەو بەشەدیاریەی ئەوان خاوەنی هیچ شتێکی تری ئەوان نین مەگەر کاری داوێن پیسی بکەن جا ئەگەر شتی وایان کرد لەگەڵیاندا مەخەونو لێیان بدەن بەو مەرجەی شوێنیان بریندار نەکەن ئەوسا ئەگەربەگوێتان بکەن ئیترئێوه بۆتان نیه هیچ خراپەیان لەگەلدا بکەن، ئاگاداربن بێگومان ئێوه بەسەر ژنانتانەوه مافتان هەیەو ئەوانیش به سەر ئێوه مافیان هەیه، جامافی ئێوەی پیاو بەسەرئەوانەوه ئەوەیه کەهەرکەسێك کەئێوه خۆشتان ناوون نەیهێننه سەرجێگای ئێوەو کەسێك که خۆشتان ناوون ماوەی پێ نەدەن که بێنه ماڵەکانتانەوه، ئاگاداربن که ئەوانیش مافیان هەیه بەسەر ئێوەی پیاوەوه که چاکەیان لەگەلدا بکەن لەخۆراكو لیباسیاندا به گوێرەی عادەت وباوی سەردەم}

جا ئەگەر هاتو ئافرەتێ نەگونجاو بەو تەربیەتەی باسکرا چارەی نەکراو هەر له سەر بگرەو بەردەی خۆی بو، ئینجا خوا دەفەرموێ:

(٣٥) جا ئەگەر هاتو هەر نیزاع کەوته بەینیانەوەو رێك نەدەکەوتن ئەو کاته باش وایه ناوبژیکەر هەڵبژێرن به هەردووکیانەوه هەر یەکەی خزمێکی خۆی بکات به نوێنەری خۆی تا چارەسەری موشکیلەکەیان بکەن ئەگەر ئەمانه ئیرادەی ئاشتکردنەوەیان هەبێت خوا یارمەتیان دەدات بۆرێك خستنیان، چونکه نیەتی چاك له لایەن هەر کەسێکەوه بێت دەوری خۆی دەبینێ بەبێگومان که الله زانەرەو هەڵس‌وکەوتتان لەو پۆشراو نیەو زۆربەئاگایه. جائێوەش ئاگاتان لێ بێ هەر له خۆتانەوه بڕیار مەدەن بەڵکو بیر له بەرژەوەندی هردووکیان بکەنەوه چۆن به قازانجه بەو شێوەیه بڕیاری بۆ بدەنو ئیسلام به یەکەوه گونجانی به لاوه باشتره ئەو دوو ناوبژیکەره له بارەی

دانانیانەوەو لە بارەی بڕیاردانیانەوە زانایان ناكۆكیان تێداهەیە، هەندێك دەڵێن حاكم ئەو دوو میانجیگەریە دادەنێت با ئەو پیاوو ژنەیش ڕازی نەبن كە ئەمە قسەی زۆربەی زانایانە لەوانەش ئیمام ئەبو حەنیفەو قسەی تازەی ئیمامی شافعیە، هەندێكی تر دەڵێن پیاوو ژنەكە دایان دەنێن. لە بارەی حوكم كردنیانەوە هەندێك دەڵێن تەنها دەتوانین یەكیان بخەن ناتوانین جیایان بكەنەوە مەگەر كرابن بە وەكیل لە لایەن پیاوو ژنەكەوە ئەوە لەو حاڵەتەدا دەتوانن هەردوو بڕیارەكە بدەن واتە كامیان پێ چاك بوو یەكبون یان جیا بوونەوە دەتوانن بیكەن ئەمەش بڕیاری هەمو زانایانی لە سەرە بەڵام ئەگەر نەكرابوون بە وەكیل ئەوە بەشێك وەك پێشوو دەڵێن بەڵام زۆربەی زانایان لە سەر ئەوەن كە دەتوانن هەردوو بریار بدەن یەكبوون یان جیا بونەوە هەر خوایش زانایە:

(٣٦) بەندایەتی ﷲ بكەنو هیچ هاوەڵێك بۆ ﷲ دانەنێنو لە گەل باوك ودایكتاندا چاكە بكەن، هەروەها چاكەبكەن لە گەل خزمی نزیكو هەتیوانو نەدارانو دراوسێیەك كە نزیكت بێت لەماڵدا یان لە خزمایەتیداو دراوسێیەك كە بێگانەبێت یان دووربێتو ئەوەش كە وا ڕەفیقە چ ڕەفیقی ڕێگاو ناو سەیارە بێت چ لە ناو ماڵدا بێت كە هاوسەرەكەیشت ڕەفیقتە، وە لە گەل ڕێبواردا ولە گەل ئەو كەسانەی كە بە هۆی هێزو سامانتانەوە لە گەلتانن چاكەبكەن بە بێگومان كە ﷲئەو كەسەی كە فەخر فرۆشو خۆ بە زل زانو لوت بەرزە خۆشی ناوێت. كاتی خۆی هەندێ لە خەڵك بازرگانی پێدەكراو بەندە بوون لە دەستی خەڵكی تردا زۆربەی ئەوانە لە شەڕدا دەگیرانو دەكران بە بەردەودەفرۆشران واتە ئەگەر ئەوانەتان كڕی پێویستە چاكەیان لە گەلدا بكەن لە بارەی ئەوانەوە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ إِخوانَكُمْ خَوَلُكُمْ /متفق عليه/ بێگومان براتانن ئەوەی كە لە ژێر دەستتانن} جا ئەم ئایەتە ئەو حەیوانانەش دەگرێتەوە كە مرۆڤ ڕاگیری دەكات. ئینجا خوای گەورە زۆرتر ﴿ مُخۡتَالٗا فَخُورًا ﴾مان بۆ ڕون دەكاتو دەفەرموێ:

(٣٧) ئەو كەسانەن كە خۆیان بەخیلنو هیچ شتێك نادەن لە ڕێگای خواداو یارمەتی فەقیرو هەژارو هەتیوان نادەنو بە خەڵكیش دەڵێن بەخیلی بكەنو ئەو نیعمەتانەی كە خوا پێی داون ئەو بەخیلانە دەیشارنەوە نە خۆیان دەیخۆنو نە بە لیباسیانەوە دیارەو نەشتێك دەدەن بە كەس. دیارە ئەوانە كە خۆیان بەخیلنو دەستور دەدەن بە بخلو ڕژدی لە بەخشینی ماڵ لە بەر ئەوەیە كە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەتو ڕۆژی پاداش نیە مادام باوەڕیان بە مە نەبوو كافرن بۆیەلەكۆتای ئایەكەدا دەفەرموێ: وە بۆئەو بێباوەڕانە سزایەكی گاڵتە پێ كەرمان ئامادە كردوە. وە ئەم شاردنەوەیەش سیفەتێكی خراپە، چونكە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: خوای گەورە پێی خۆشە ئەو نیعمەتەی كە دەیدات بە بەندەی خۆی شوێنەواری ئەو نیعمەتە ببینێ. واتە ئەگەر كابرا ماڵی هەبوو با لیباسی جوان بكاتو با خۆراكی باش بخواتو زیاتر یارمەتی خەڵك بدات. لە بارەی بەندایەتی خواوە پێغەمبەرﷺ بە مەعاز دەفەرموێ: {يَا مُعَاذُ أَتَدْرِي مَا حَقُّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ قَالَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ قَالَ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلَا يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا أَتَدْرِي مَا حَقُّهُمْ عَلَيْهِ قَالَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ قَالَ أَنْ لَا يُعَذِّبَهُمْ. /متفق علية/ ئەی مەعاز ئایا دەزانی مافی خوا چیە بە سەر بەندەكانیەوە؟ وتی: خواو پێغەمبەرەكەیﷺ دەزانن فەرموی: ئەمەیە كە بیپەرەستن، وە هیچ هاوەڵێكی بۆ دانەنێن لە پاشان فەرموی: ئایا دەزانی مافی بەندە چیە لای خوا ئەگەر هاتو ئەوەیان كرد؟ وتی: خواو پێغەمبەرەكەیﷺ دەزانن فەرموی: ئەوەیە كە خوا سزایان نەدات} وە لە بارەی دراوسێوە زۆر فەرمودەی پێغەمبەرﷺ هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها ئەم فەرمودەیە باس دەكەین كە دەفەرموێ: {مَازَالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بِالْجَارِ حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُوَرِّثُهُ/متفق علية/هەمیشە جبرئیل ئاموژگاری دەكردمو بە گوێ دادەدام سەبارەت بە هاوسێ تا وام زانی كە ئەگەر دراوسێ بمرێت دراوسێیەكەی تری میراتی لێ ئەبات} وە لە بارەی ئەو شتانەی كە لە ژێر دەستی مرۆڤ دان پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {كَفَى بِالْمَرْءِ إِثْمًا أَنْ يَحْبِسَ عَمَّنْ يَمْلِكُ قُوتَهُ /مسلم وغيرة/ بەسە بۆ تاوانباری مرۆڤ كەرۆزی بگرێتەوە

لەو کەسەی کە ڕۆزی لە ژێر دەستی ئەودایە} وە دەفەرموێ: {إِذَا أَتَى أَحَدَكُمْ خَادِمُهُ بِطَعَامِهِ فَإِنْ لَمْ يُجْلِسْهُ مَعَهُ فَلْيُنَاوِلْهُ أُكْلَةً أَوْ أُكْلَتَيْنِ أَوْ لُقْمَةً أَوْ لُقْمَتَيْنِ فَإِنَّهُ وَلِيَ حَرَّهُ وَعِلَاجَهُ /متفق عليه/ هەر کاتێ کە خزمەت کاری یەکێ لە ئێوە خواردنی بۆ هێناو دانەنیشت لە گەلتاندا بۆ خواردن، پارویەك یان دوو پاروی پێ بدەن، چونکە ئەو گەرمایی دروست کردنەکەی چەشتوەو خواردنەکەی دروست کردوە} جا تەماشا بکەن بزانن ئەم ئایینە چۆن خزمەتی مرۆڤ دەکات‌و لە هەمو هەنگاوێکدا بە گوێرەی پێویست یاسای بۆ دادەنێت‌و ئامۆژگاری دەکات، ئینجا خوای گەورە سیفەتێکی تری ئەو لوت بەرزو خۆبەزل زان‌و سپڵەیانە بۆباس دەکات‌و دەفەرموێ:

(٣٨) ئەوانەی کە ماڵ دەبەخشن لە بەر ئەوەی کەخەڵك بیان بینێ‌و باسیان بکات‌و نە باوەڕیان هەیە بە خواو نە باوەڕیان هەیە بە ڕۆژی دوایی ئەوکەسە شەیتان ڕەفیقیەتی‌و هەرکەسێکیش کە شەیتان ڕەفیقی بێت بەڕاستی پیسترین ڕەفیقی هەیە. لە بارەی عەبدوڵای کوری جەدعانەوە پرسیار کرا کە کابرایەکی سەخی تەبیعەت‌و ناندەرو خزم دۆستبوە ئایا سودی دەبێت بۆی؟ فەرموی: {لَا يَنْفَعُهُ إِنَّهُ لَمْ يَقُلْ يَوْمًا رَبِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ/مسلم/ نە هیچ سودێك بەو نادات، چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژان نەی وتوە:ئەی پەروەردگارم لەڕۆژی دواییدا لەتاوانەکانم خۆشببە}واتەباوەڕی بە ڕۆژی دوای نەبوەو باوەڕیش بناغەیە بۆ شتەکانی تر. ئینجا دەفەرموێ:

(٣٩) دەی چ زیانێکی دەبو بۆیان‌و چ شتێك ڕێگەی لێ گرتبون ئەگەر ئەوان ئیمانیان بهێنایە بە خواو بە ڕۆژیدوایی‌و لەوەی کە خوا پێی دابوون بیان بەخشییایە؟ وەبەڕاستی الله زانا بوو بەوان‌و پاداشتی چاکی پێ دەدان، بەڵام ئێستە ڕەنجەڕۆو سەروماڵ فەوتاون.

(٤٠) بە بێگومان کە الله بە ئەندازەی یەك زەرە ستەم لە کەس ناکات‌و ئەگەر مرۆڤ یەك چاکە بکات خوای گەورە بۆی دوو بەرامبەر زیاد دەکات، سەرەرای ئەوەش لە لایەن خۆیەوە پاداشتێکی گەورەی پێ دەداتەوە. جا شتێك خوا بە گەورەی دانابێت دەێ دەبێ چەند بێ؟ ئەو چاکەیە لە

وَٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤۡمِنُونَ
بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۗ وَمَن يَكُنِ ٱلشَّيۡطَٰنُ لَهُۥ قَرِينٗا فَسَآءَ
قَرِينٗا (٣٨) وَمَاذَا عَلَيۡهِمۡ لَوۡ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَأَنفَقُواْ
مِمَّا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِهِمۡ عَلِيمًا (٣٩) إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ
مِثۡقَالَ ذَرَّةٖۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةٗ يُضَٰعِفۡهَا وَيُؤۡتِ مِن لَّدُنۡهُ
أَجۡرًا عَظِيمٗا (٤٠) فَكَيۡفَ إِذَا جِئۡنَا مِن كُلِّ أُمَّةِۭ بِشَهِيدٖ
وَجِئۡنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدٗا (٤١) يَوۡمَئِذٖ يَوَدُّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ وَعَصَوُاْ ٱلرَّسُولَ لَوۡ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضُ وَلَا يَكۡتُمُونَ
ٱللَّهَ حَدِيثٗا (٤٢) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي
سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ
أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ
فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُمۡۗ إِنَّ
ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا (٤٣) أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبٗا مِّنَ
ٱلۡكِتَٰبِ يَشۡتَرُونَ ٱلضَّلَٰلَةَ وَيُرِيدُونَ أَن تَضِلُّواْ ٱلسَّبِيلَ (٤٤)

دە بەرامبەرەوە بۆ زیاتر دەبات، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {مَنْ دَخَلَ سُوقاً من الأسواقِ فقال:"لا إله إلا الله وحده لا شريكَ لهُ، له الملكُ، وله الحمدُ، وهو على كلّ شيءٍ قديرٌ"كَتَبَ الله له ألفَ ألفِ حسنةٍ، ومحا عنه ألفَ ألفِ سيئةٍ /الطبراني،صححه الالباني/ هەرکەسێك کە بچێتە ناو بازاڕ ئەگەر ئەمە بخوێنێت(لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ،...../ یەك ملیون چاکەی بۆ دەنوسرێت‌و یەك ملیون خراپەی لەسەرلادەبرێت} خوا خاوەنی ئەو فەزڵە گەورەیە. ئینجا لە دنیادا سرنجمان بەرەو ڕۆژی دوایی رادەکێشێت‌و دەفەرموێ:

(٤١) ئەبێ چۆن بێت وەزعی خەڵك لەو ڕۆژەدا کە هەمو ئۆمەتێك لە گەل شایەتەکەی دا دێت بۆ دادگای خوا؟ وە ئەو کاتە کە تۆش دەهێنین ئەی محمدﷺ کە شایەت بیت لە سەر ئەم ئوممەتە. لە ڕۆژی قیامەتدا هەمو ئومەتان کۆ دەکرێنەوە بەخۆیان‌و بە شایەتیەکانیانەوە کە پێغەمبەران‌و پیاو چاکانی هەمو زەمانەیەکەو پێغەمبەریش دەهێنرێت کە شایەتی بدات لە سەر گەلەکەی خۆی‌و ئەوانیش. لە ریوایەتدا هاتوە کە ڕۆژی

قیامەت دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ شەفاعەت دەکات ئیجازە دەدرێت بە پێغەمبەرانی تر کە شفاعەت بکەن. هەمو پێغەمبەرێك لە دادگای خوادا دەڵێت یارەبی من پەیامی تۆم گەیاندوەو ئومەتەکەی ئینکاری دەکات، ئینجا بە پێغەمبەران دەوترێت کێ شایەتە دەڵێن ئۆمەتی محمد ﷺ ئەوانیش دەڵێن: چۆن قەبوڵ دەکەین، ئەوان لە پاش ئێمە هاتون ئەوان چی دەزانن کە ئێمە چیمان کردوە؟ خوای گەورە بانگی ئەم ئومەتە دەکات ئایا ئێوە شایەتن لە سەر ئەوەی کە ئەو پێغەمبەرانە پەیامەکەی منیان گەیاندوە ئەوانیش دەڵێن: بەڵێ ئێمە شایەتین بۆ ئەو پێغەمبەرانە. جا خوا دەفەرموێ: بەلگەتان چی یە؟ دەڵێن: بەلگەمان ئەوەیە کە باوەڕمان بوو بە کتێبەکەی تۆ کە قورئانەو بە پێغەمبەرەکەی تۆ کە ناردووتە بۆمانو لەو قورئانەدا بە ئێمەت فەرمو بو کە ئەوان تەبلیغیان کردوە، بەڵام ئومەتەکەیان بە گوێیان نەکردونو سزات بۆ ناردنو لەناوت بردون، ئێمە لە سەر فەرمودەی خۆت شایەتی دەدەین ئەو کاتە بانگی پێغەمبەر ﷺ دەکات ئایا تۆ شایەتی لە سەر ئەم گەلەی خۆت کە راست دەکەن؟ پێغەمبەر ﷺ شایەتی دەداو دەفەرموێ: بەڵێ ئۆممەتەکەم راست دەکات.

ئینجا حوکم دەکرێت لە نێوان پێغەمبەرەکانو ئوممەتەکانیان دا. بەڵێ تا ئەو شایەتی نەدات حوکم ناکرێت، ئیبنو مەسعود دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ پێی وتم: هەندێ قورئانم بۆ بخوێنەوە وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من قورئان بۆ تۆ بخوێنمەوە کە قورئان بۆ تۆ هاتوە فەرموی: {فَإِنِّي أُحِبُّ أَنْ أَسْمَعَهُ مِنْ غَيْرِي فَقَرَأْتُ عَلَيْهِ سُورَةَ النِّسَاءِ حَتَّى بَلَغْتُ ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰؤُلَاءِ شَهِيدًا ﴾ قَالَ أَمْسِكْ فَإِذَا عَيْنَاهُ تَذْرِفَانِ /متفق عليه/ بەڵێ من پێم خۆشە لە غەیری خۆمەوە بیبیسم. منیش سورەتی نیسائم خوێندەوە هەتا گەیشتە ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ ...﴾ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: بەسە. دەڵێت کاتێك کە تەماشام کرد دەبینم فرمێسك بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە ئەگری} چونکە رۆژێکی ئەوەندە سەختە. هەتا لە ریوایەتێکی ترا دەفەرموێ: یا رەبی من شایەتم لە سەر ئەوەی کە خۆم بینیومن ئەی چۆن شایەت بم لە سەر ئەوەی کە لە دوای خۆم دێت (ابن ابی حاتم) بەڵام خوای گەورە دەی هێنێت بۆ دادگاو ئەمە ئیشێکی ئاسان نیە. وە لە فەرمودەدا هاتوە کە هەمو رۆژێ دوو جار تاقی بەیانیانو ئێواران کردەوەی هەموو ئەم ئۆمەتی پێغەمبەر ﷺ پیشانی پێغەمبەری دەدرێت هەتا بچوکترین شت کە پەلکە پوشێك بێت کە لە مزگەوتا فرێ یان دابێت نوسراوەو دەی بینێ کەوابوو لە سەر ئەوە پێغەمبەر ﷺ دەتوانێ شایەتی بدات. بزانە ﴿ عَلَىٰ هَٰؤُلَاءِ ﴾ دەگونجێت پێغەمبەر ﷺ و پیاو چاکان یان ئۆمەتانی پێشو، یان ئۆمەتی خۆی بێت یان هەمویان مەبەست بێت. هەر خوایش دەزانێت واتە بۆ شایەتی لە سەر هەمویان.

(٤٢) ئەو رۆژە رۆژێکە کە بێباوەڕانو ئەوانەی کە فرمانی پێغەمبەریان شکاندوە ئاوات دەخوازن کە لەگەل خاکدا یەکسان ببونایەو ئەم رۆژە سەختەیان چاو پێ نەکەوتایە هەروەکو دەڵێن: خۆزگە هەر خاك بوینایە ﴿يَٰلَيْتَنِي كُنتُ تُرَٰبًا﴾ النبأ: ٤٠ بەڵێ ئەو رۆژە ئاوات دەخوازنو دەڵێن: خۆزگە هەر نەبوینایەو ئەوان ئەو کاتە ناتوانن یەك قسە لە خوا بشارنەوە هەرچیان کردوە هەموی دیارە. وە لە ئایەتدا هاتوە کە لە رۆژی قیامەتدا موشریکەکان دەڵێن: ﴿ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴾ الأنعام: ٢٣/ سوێند بە الله بە پەروەردگارمان ئێمە هاوەڵمان دانەناوە﴾ بەڵێ سەختی ئەو رۆژە هەموو شتیان لە بیر دەباتەوە ﴿ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ ﴾ الأنعام: ٤١/ لە بیرتان دەچێتەوە ئەو هاوەڵانەی کە داتان نابون بۆ خوا﴾ بەڵێ ئەو پاڵەوانانەی کەبەناڕەوا لە دنیادا خۆیان هەڵدەکێشن بە سەر خاوەن باوەڕانولاوازان داو بە بێ باوەڕیو گومڕاهی خۆیان شانازی دەکەنو ئەو ئیشەی خۆیان بە پێشکەوتن وشارستانی دەزانن ئالەو رۆژەدا هەردەمێك قسەیەك دەکەن جارێك ئاواتی مەرگ دەخوازنو جارێك دەڵێن: خۆزگە هەر نەبوینایەو جارێك دەپاڕێنەوەو سوێند بە خوا دەخۆن کە هاوەڵیان بۆ خوا دانەناوەو جارێك دەڵێن: شەیتان ئێمەی خەڵەتاندوەو

هەندێ کاتیش دەڵێن: بمان خەرەوە دنیاو جارێکیش دەڵێن: گەورەو سەرۆك خێڵەکەمان گومراهی کردینو جارێکی تر نەفرین لە یەکتر دەکەن. جارێکی ترو..جارێکی تر. بەڵام بێ سودەو کار لە کار ترازاوە. ئینجا حوکمێکی ترمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٤٣) ئەی ئیمانداران نزیکی نوێژ نەکەونەوە لە حاڵەتێك دا کە ئێوە سەرخۆشبن تا بزانن چی دەڵێن، چونکە نوێژ دەبێ ئاگاتان لێ بێت کەچۆنی دەخوێنن، ئەمەش تێمان دەگەیەنێت کە پێویستە نوێژ بە ئاگاییەوە بکرێت جا ئەو خەڵکەی کە ئاوەها بێ ئاگا نوێژ دەکاتو نازانێت چی دەڵێت وەکو سەرخۆشێك وایە، ئەوەندەی هەیە کەگوناهی نەکردووەو بەس جا چونکە لە نوێژدا دوو شت زۆر گرنگە یەکەم: ئاگاییو گەردن کەچی کە سەرخۆشی دژیەتیو قەدەغە کرا.

دووهەم: پاك وخاوێنی کە لەم بارەیشەوە دەفەرموێ: نا بێ لە حاڵەتێکدا کەلەشتان پیس بوو نزیکی نوێژ بکەونەوە مەگەر کەسێك کە رێبوار بێت هەتا خۆتان دەشۆرنو بە لەش پیسی نوێژ دروست نیە،

ئینجا خوای میهرەبان ودانا سەبارەت بە کەسانێك کەنەتوانن ئاو بە کار بهێنن چ لە بەر نەبونی ئاو بێت یان نەتوانرێت ئاو بە کار بهێنرێت دەفەرموێ: ئەگەر ئێوە نخۆشبون یان لە سەفەردا بون یان دەستتان گەیاند بە ئاو یان لە گەل ژنانتاندا هاوجێگابون جا ئاوتان دەست نەکەوت ئەوسا قەسدی خاکێکی پاك بکەن ئینجا مەسحی دەم وچاوتان ودەستەکانتان بکەن بەبێگومان کە الله چاوپۆشی دەکات لە تاوانو زۆر لێ خۆشبوە. ﴿الْغَائِطِ﴾ واتە شوێنی نزم مەبەسست پێی پیسیو میز کردنە بەڵام ئەسڵی ﴿الْغَائِطِ﴾ واتە شوێنی نزم، چونکە پیسی تێدا دەکرێت با تەوقە سەری چیایەکیش بێت بەڵام هەر جێگایەك شتی باشی تێدا بکەیت بەرزە با نزمترین دۆل بێت وەك خاکی تەیەموم دەفەرموێ:﴿ صَعِيدًا ﴾ واتە شوێنی بەرز. چونکە دەست نوێژ کارێکی پیرۆزە، ئەگەر لە نزمترین شوێندا بێت شوێنەکەی هەر بە بەرز تەماشا دەکرێت.

لە بارەی چونیەتی تەیەمومەوە دوو قسە هەیە بۆ دەستەکان هەندێك دەڵێن: تا موچە. هەندێکیش دەڵێن: تا ئانیشکە، دوو جار دەست لە خاکێکی پاك دەدەیت جارێکیان لە گەل نیەتدا بە دەم وچاودا دەیهێنیتو جارێکی تر دەست دەدەیت لە خاك دەستت بە یەکێك لەو شێوازەی کە وتمان: مەسح دەکەیت ئەمە چ بۆ بێ دەست نوێژی بێت چ بۆ لەش پیسی بێت. سەبارەت بە ئاگایی لە نوێژدا ئەگەر کەسێك ئەوەندە خەوی دەهات نەی دەزانی چی دەڵێت یان میزو پیسی زۆری پێ هێنابو لەم کاتانەدا نا بێ نوێژ بکات، چونکە ئاگای لە نوێژەکە نیە.

وە وشەی ﴿ لَـٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ﴾ واتە لەمسی ژنانتان کرد جا زانایان لە بارەی لەمسەوە دوو مانا یان کردوە هەندێکیان بە لەیەك کەوتنی پێستی ئافرەتو پیاوی دەزانن وەك ئیمامی شافعی. هەندێکی تریان بە مانای جیماعی دەزانن و هەر کەس لەوانە بۆ خۆیان بەڵگەیان هەیەو رێگەی ورد بوونەو فەهم کردنشیان لە کەس قەدەغە نەکردوە، لە قورئاندا لەمس بە هەردوو مانا هاتوە بە مانای دەست لێ دان ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿ أَن تَقُولَ لَا مِسَاسَ ﴾ طه: ٩٧ / واتە نەخۆشیەك بگرێت بڵێت کەس دەستم لێ نەدات﴾ وە بە مانای جیماع ئەم ئایەتانەن یەکەم . دەفەرموێ: ﴿ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ ﴾ مریم: ٢٠ / کەس دەستی لێ نەداوم﴾

ئەگەر لەمس بە مانای دست لێ کەوتن بێت ئەی دایك یان کەسو کاری دەستی لێ نەداوە؟ کەوابو مەبەستی ئەوەیە کە کەس جیماعی لە گەلدا نەکردوە.

دووهەم: لە سورەتی بەقەرەدا دەفەرموێ: ﴿ لَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً ﴾ البقرة: ٢٣٦ /گوناهتان ناگاتێ ئەگەر ژنانتان تەلاق بدەن پێش ئەوەی کە جیماعیان لە گەلدا بکەنو شتێکیان بۆ پێویست بکەن﴾ هەر لە ئایەتی پاش ئەوەی بەقەرە ﴿ وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ ﴾ البقرة: ٢٣٧ /ئەگەر تەڵاقتان دان پێش ئەوەی کەجیماعیان لە گەلدا بکەن﴾ لێرەش مانای جیماعە، ئیمامی ئەبو حەنیفە ئەوانە دەکات بە بەڵگە لە

سەر قسەکەی خۆیو دەڵێت (لمس) بە مانای جیماعەو (ابن عباس)یش وا دەڵێت. هەر خوا زانایە. خوای داناو میهرەبان پاش ئەوەی کە چەندین تەکلیفی باس کرد، ئاگادارە لە سەر تەمەڵیو سستی کردنی مرۆڤ لە بەر ئەوە هات باسی نوێژی بۆ کرد، چونکە یەکێك بەڵکو گەورەترین یارمەتی دەری مرۆڤەو مەڵهەمی برینەکانیو دلخۆشکەریەتی وەك لە سورەتی بەقەردا دوو جار فەرمویەتی: ﴿یارمەتیو کومەك وەرگرن بە خۆگریو بە نوێژ﴾

هەروەها پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ هەر کاتێ باری سەخت ببوایەو دڵی ناڕەحەت ببوایەو کاتی نوێژ بهاتایە دەیفەرمو: ئەی بیلال بانگ بدەو کەیف خۆشمان بکە. وە ئەم نوێژە بەرەو پاك وخاوێنی دەروونو لیباسو جێگا رامان دەکێشێتو لە خواوە نزیکمان دەکاتەوەو دەبێتە هۆی ترسان لە خوا کە مەبەستی سەرەکی ئەم سورەتەیە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ﴾ النساء: ١.

بزانە کە ئایەتی تەیەموم لە سورەتی مائیدەیشدا هەیە، بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئەم ئایەتەی (النساء) پێش ئایەتی(المائدە) هاتوە چونکە ئەم ئایەتە پێش حەرام بونی عارەق هاتوە وە حەرام بونی عارەق دوای جەنگی ئوحود کاتی گەمارۆدانی جولەکەکانی بەنی نەزیر کەمێ دوای ئوحود حەرام کراوە بەڵام (المائدە) لە ساڵانی دوایدا هاتوە بە تایبەت سەرەتاکەی لە بەر ئەوە باسکردنی لێرەدا شتێکی گونجاوە.

ئیمامی بخاری لە عائیشەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: لەگەل پێغەمبەردا ﷺ بوین لە سەفەرێ لە سەفەرەکانیدا تا گەیشتینە (بەیدا) یان (ذات الجیش) کە دوو جێگای نزیکی شاری مەدینەن گەردن بەنەکەم بچراو لێم ون بوو پێغەمبەرﷺ مایەوە تا بەڵکو بیدۆزینەوە و خەڵکەکەیش لە گەڵیدا مایەوەو نە لە سەر ئاو بوینو نە خەڵکیش ئاوی پێ بوو خەڵك چوونە لای ئەبوبەکرو وتیان: مەگەر نابینی عائیشە چی کرد؟ پێغەمبەری خوا ﷺ و خەڵکی ماتەڵ کرد نە لە سەر ئاونو نە ئاویشیان پێیە، ئیتر ئەبوبەکر هات لە کاتێکدا کە سەری پێغەمبەرﷺ بە سەر ئەژنۆم بوو کە خەوی لێ کەوتبو وتی: پێغەمبەری خواﷺ و خەڵکت بەستەوە نە لە سەر ئاونو نەئاویشیان پێ یە؟ عائیشە دەڵێت: ئەبوبەکر زۆر سەرزەنشتی کردمو ئەوەی خوا ئارەزۆی لێ بوو پێ وتمو یەك گورمشتی کوتایە کەلەکەم، تەنها لە بەر خاتری خەبەر نەکردنەوەی پێغەمبەر بو نەجولام، پێغەمبەرﷺ بەیانی خەبەری بووەوە بە بێ ئاو، ئینجا خوا ئایەتی تەیەمومی رەوانە کردو خەڵکی تەیەمومیان کرد. ئوسەیدی کوڕی خوزەیر وتی: ئەمە ئەوەڵ بەرەکەتی ئێوە نیە ئەی خێڵی ئەبو بەکر، عائیشە دەڵێت جا ئەو وشترەی کە سواری بووم هەڵمان ساندو دیمان گەردن بەنەکە لە ژێر ئەودایە، جا خوای گەورە پاش ئەم ئامۆژگاریە بە نرخانە واجارێکی تر پێناسەیەکی تری جولەکەو گاورمان بۆ دەکات، چونکە ئەم دوو کۆمەڵە خۆیان بە خاوەن باوەڕ دادەنێنو دژایەتیەکی زۆر سەختی ئەم ئایینەو پێغەمبەرەکەی خواو خاوەن باوەڕان دەکەنو هەموو شێوازێکی ناشیرین بە کار دەهێنن لەدژیان بۆیە وا قورئان پەردە لە سەر زۆربەی پیلان ونەخشەکانیان لادەداتو نیەتی پیسیان ئاشکرا دەکات تا موسڵمانان دوژمنانی خۆیان بناسنو نەکەونە داوایانەوە جا دەفەرموێ:

(٤٤) ئەی محمدﷺ تۆ نابینی ئەوانەی کە بەشێك لە کتێبیان پێ دراوە گومراهیان کڕیوە بۆ خۆیانو دینەکەیان فڕێ داوەو دەیانەوێت بە ئێوەش ڕێگا بزر بکەن، ئەوەش لە بەر ئەوە نیە کە ئێوەیان خۆش دەوێت نەخێر، بەڵکو لە بەر ئەوەیە کە خۆیان ڕێگای راستیان بزر کردوەو پێیان خۆش نیە کەسیش ڕێگای راست بگرێت. خوای گەورە دەفەرموێ:

وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِأَعۡدَآئِكُمۡۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَلِيّٗا وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ نَصِيرٗا ﴿٤٥﴾
مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَيَقُولُونَ
سَمِعۡنَا وَعَصَيۡنَا وَٱسۡمَعۡ غَيۡرَ مُسۡمَعٖ وَرَٰعِنَا لَيَّۢا بِأَلۡسِنَتِهِمۡ
وَطَعۡنٗا فِي ٱلدِّينِۚ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ قَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَا وَٱسۡمَعۡ وَٱنظُرۡنَا
لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ وَأَقۡوَمَ وَلَٰكِن لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفۡرِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُونَ
إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٤٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلۡنَا
مُصَدِّقٗا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبۡلِ أَن نَّطۡمِسَ وُجُوهٗا فَنَرُدَّهَا
عَلَىٰٓ أَدۡبَارِهَآ أَوۡ نَلۡعَنَهُمۡ كَمَا لَعَنَّآ أَصۡحَٰبَ ٱلسَّبۡتِۚ وَكَانَ أَمۡرُ
ٱللَّهِ مَفۡعُولًا ﴿٤٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ
ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا
﴿٤٨﴾ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُمۚ بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ
وَلَا يُظۡلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٤٩﴾ ٱنظُرۡ كَيۡفَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۖ
وَكَفَىٰ بِهِۦٓ إِثۡمٗا مُّبِينًا ﴿٥٠﴾ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبٗا
مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ
لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ سَبِيلًا ﴿٥١﴾

﴿٤٥﴾ خوا زانایە بە دوژمنەکانتانو بەسە کە الله دۆستو یارمەتی دەری مرۆڤ بێ. جاتۆ ئەی باوەڕدار خوا بکە بە دۆستو یارمەتی دەری خۆتو خەفەتت نەبێت ئەو کام ئیش بە سودە وات بۆ دەکات، بەراستی ئەمە موژدەیەکی زۆر خۆشە بۆ خاوەن باوەڕان کە خواکەی ئاگای لە فرت وفێڵی دوژمنەکانیەتی، جا یان موسڵمانەکان شارەزا دەکات یان فرت وفێڵی ئەوان پەك دەخات.

﴿٤٦﴾ هەندێك لەوکەسانەی کە جولەکەن قسەکانی خوایان گۆڕیوەو ئاینەکەی خۆیانیان تێك داوەو کاتێ کە لە گەڵتان قسە دەکەن دەڵێن: بیستمانو بە هێواشیش دەڵێن: بە گوێت ناکەین، جا دەگونجێت هەروایان وتبێت یان بە کردار وایان کرد بێت کە ئەمڕۆ بە داخەوە زۆربەی خەڵك بەم شێوە رەفتار دەکەن دەڵێت دەزانم کامە چاکەو پێویستە بکرێت کەچی لە کرداریشدا پێچەوانەی زانینەکەی خۆی دەکات. جا بە پێغەمبە یانﷺ دەوت: گوێ بگرە، هیچ نەبیسی، وە بە تانەو تەشەردانو گاڵتەوە دەیانوت: ئەی شوانەکەمان، ئەمانە لە رواڵەتدا چەند وشەیەکی جوان بوون، بەڵام مەبەستی ئەوان خراپ بوو دەیشیان وت ئەگەر پێغەمبەر بێت چۆن دەبێ لە مەبەستی ئێمە تێ نەگات، بەڵێ جوەکان لە حەوسەڵەو رەوشت جوانی پێغەمبەر ﷺبە نارەوا سودیان وەردەگرت، چونکە پێغەمبەرﷺ زۆر چاك لە مەبەستی ئەوان تێ دەگەیشت، بەڵام ئەو رەوشت بەرزو بە حەوسەڵە بوو دەڵێن جارێك کۆمەڵێك جولەکە هاتنە خزمەتی پێغەمبەرﷺ وتیان: (السام علیك یا ابا القاسم) عائیشە وتی: وعلیکم السام. عائیشە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: {مَهْ يَا عَائِشَةُ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفُحْشَ وَالتَّفَحُّشَ /متفق علیه/نەکەی ئەی عائیشە: بەراستی خوا قسەی خراپ کردنو خراپەکاری خۆشناوێت. وتم: ئایا تۆ گوێت لێ نیە ئەوان دەڵێن (مەرگ بۆ تۆ بێت \السام علیك) پێغەمبەریﷺ خوافەرموی: ئەی تۆ گوێت لێ نەبوو منیش وتم: لە سەر ئێوە بێت (وعلیکم)؟}. بەڵێ ئەو جولەکە بەد فەسالآنە لەم رەوشتە جوانەو لەم حەوسەڵەیە خراپ کەڵکیان وەرگرتو ئەو جنێوە خراپانەیان بە خۆشەویست دەوت تا قورئان هاتو هەمو نهێنیو قسە خراپەکانیانی دەرخستو ریسوای کردنو فەرموی: ئەوان بەم قسانە کە دەیکەن مەبەستیان رواڵەتە چاکەکەی نیە بەڵکو هەر زمان بەقسەکە لار دەکەنەوەو تانە لە ئایین دەدەن. بەڵام خوا خاوەنی سۆزو میهرەبانیە ئەوەتە ئامۆژگاریان دەکات کە چی بڵێن دەفەرموێ: ئەگەر ئەوان بیان وتایە بیستمانو بە گوێمان کردیتو گوێ بگرەو چاوت لێمان بێت بەراستی ئەوە باشتربوو بۆ ئەوان تا ئەو قسە ناپەسەندانەی کە خۆیان دەیانکردو ئەوە رێگایەکی راسترو بە هێزترو دروستر بوو بەڵام بە هۆی بێباوەڕیانەوە بە خواو بە پێغەمبەر ﷺو بە بەرنامەکەی، خوا نەفرینی کردن جا ئیتر باوەڕ ناهێنن مەگەر کۆمەڵێکی کەمیان نەبێت، واتە خوا ستەمی لێ نەکردون خۆیان ستەمکارن. ئینجا خوای گەورە بانگیان دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٤٧﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە کتێبتان پێ دراوە واتە ئینجیلو تەوراتتان پێدراوە ئیمان بهێنن بەوەی کە رەوانەمان کردوە کە دان دەنێت بەوەی کە لە لای ئێوەدایەو دەڵێت ئەوانە کتێبی خوا بوون، ئێوەش باوەڕ

بێنن لە پێش ئەوەی کە ئێمە دەم وچاوتان مەحو بکەینەوەوبەروپشتی بکەین‌و بیخەینەوە پشتی سەرتان بەرەو دوا بچن بە ڕێگادا،ئەمە وێنەیەکە خوا هێناویەتی بۆ ئەوان واتە مادەم خۆتان گێل بکەن لە ئایین‌و پشتی تێ بکەن ئێمەیش زیاتر بەرەو گومڕاهی‌و نەزانی‌و کوفر ڕێنمایتان دەکەین، یان مادام پشت بکەنە ئایین لە کوێ دەرکراون بتان نێرنەوە بۆ ئەو شوێنە، بەراستی هەر کەس پشتی کردە ئایین دەبێ چاوەڕوانی هەمو سزایەك بکات، چونکە دژایەتی خوا دەکات‌و کەسیش لە دژایەتی خوادا سەر ناکەوێت،

دەڵێن: کەعب الاحبار بە بیستنی ئەم ئایەتە ترساو باوەڕی هێنا پێشەکی چەند جار بانگ کرا بو بۆ ئیسلام بوون وەری نەگرتبو خوا فەرموی باوەڕ بهێنن پێش ئەوەی واتان لێ بێت یان نەفرینتان لێ بکەین وەکو چۆن نەفرینمان کرد لە ئەهلی شەممە. واتە ئەوانەی کە مەنع کران لە ڕۆژی شەممە کە لەو ڕۆژەدا نا بێ ئیش بکەن، بەڵام بە فێڵ ئیشیان کرد خوا نەفرینی لێ کردن ئەم داستانە لە ئایەتی سەدوشەست‌و سێ‌ی سورەتی ئەعرافدا هاتوە. وەئەمری خوا جێ بە جێ کراوە کە خوای گەورە ئیرادەی شتێکی کرد ئیتر بێ پاش‌و پێش ڕودەدات. ئینجا خوای گەورە خراپی شیرك باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(٤٨) بە بێگومان کە ﷲ هەرگیز خۆش ناوێ لەوەی کە شەریکی بۆ قەرار بدرێت‌ولە تاوانی شرك هەرگیز چاوپۆشی ناکات مەگەر تەوبە بکات، وە لە خواروی شرکەوە خوای گەورە لە گوناهەکانی تر خۆش دەبێت بۆ هەر کەسێك کە ئارەزۆی لێ بێت ئەگەر تەوبەشی لەوتاوانە نەکردبێت، وە هەر کەسێك هاوبەش بۆ خوادابنێت بەراستی درۆو گوناهێکی گەورەی کردوە. جارێکیان پرسیار کرا لە پێغەمبەری خواﷺ کە چ گوناهێك زۆر گەورەیە فەرموی: {أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ /متفق عليه/ ئەوەیەکە هاوبەشی بۆ خوا دابنێیت لەحاڵێکدا کە ئەو تۆی دروستکردوە}

(٤٩) تۆ نابینی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە باش دەزانن وەکو جوەکان کە دەیان وت: ئێمەگەلی هەڵبژێرراوی خوداین (نحن شعب الله المختار) نەخێر وانیە، بەڵکو هەرخوایە پاك دەکاتەوە ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت‌و هەرگیز بە ئەندازەی پڵیتەیەك زوڵمیان لێ ناکرێت. ﴿فتيل﴾ دەزوە باریکەکەی ناو ئێسقانی خۆرمایە ئەگەر ئێسقانەکە بشکێنیت شتێکی باریکی لە ناو دایە واتە بەو ئەندازە کەمەیش ستەمتان لێ ناکرێت. تێبینی: لێرەدا پێم خۆشە ئەم قسە بکەم کەبۆشوێنەکانی تر بیانزانن، لە قورئاندا سێ وشە باس کراوە ﴿فتيل، قطمير، نقير﴾ هەرسێکەیان لە ناوی خۆرمادان (فەتیل) ئەو دەزوە باریکەیە کە لە ناو خورمادایە ئەبێتە مایەی سەوز بوون. (قطمير) بریتیە لەو تیکۆڵە تەنکەی کە پێچراوە لە ناوکەکەی.

(نقير) بریتیە لەو چاڵەی کە وەکو ناوکی مرۆڤە کە لە ناوەراستی پێشەکەدایە جا والله اعلم ئەگەر بێتو خورمایەك لەت بکەیت‌و بە جوانی دیقەتی لێ بکەی شێوە جەنازەی مرۆڤێکی مردوی ناو قەبر پێشان دەدات پێغەمبەرﷺ جارێکیان فەرموی درەختێك هەیە ئەو درەختە زۆر لە مرۆڤ دەچێت کێ دەزانێ چیە؟ ئەسحابەکان هەریەکەو شتێکیان وت هیچ کەس نەی زانی بەڵام عەبدوڵای کوڕی عومەر لەوێ ئامادە بوو کە تەمەنی مناڵ بوو وتی: ویستم بڵێم خورمایە بەڵام شەرمم کرد لەم هەمو پیاوە گەورانە کە لە وێ بون دوایی کە هەڵسان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: خورمایە وتم من ئەمزانی. عومەر وتی: زۆرم پێخۆش دەبوو کەبت گوتایە. بە گوێرەی ئەو فەرمودەیەش دەنکی خۆرما زۆر لە مرۆڤێکی مردوو دەچێت جا ئێمە هەر ئەو دەنکە ڕەقەی خورما دەنێژین پاشان دەبینین چۆن سەوز دەبێت‌و چەند بەرز دەبێت، ئێمەش کە خراینە ناو قەبرەوە پێچراوین بەو کفنەوە هەر ئاوەها خوا زیندومان دەکاتەوە ئەگەر بەهەشتی بین باڵامان شەست مەترە لە حەوت مەترداو ئەوەش کە جەهەنەمی بێت هەر دانێکی بە ئەندازەی چیای ئوحودەو قایمی پێستەکەی سەدان مەترە جا وا تێ دەگەم باس کردنی ئەو سێ وشەیە ئەو دەرسە گەورەو گرنگەی تێدایە هەر خوایش دەزانێ.

أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُۖ وَمَن يَلۡعَنِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ نَصِيرًا ﴿٥٢﴾
أَمۡ لَهُمۡ نَصِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُلۡكِ فَإِذٗا لَّا يُؤۡتُونَ ٱلنَّاسَ نَقِيرًا ﴿٥٣﴾ أَمۡ
يَحۡسُدُونَ ٱلنَّاسَ عَلَىٰ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦۖ فَقَدۡ ءَاتَيۡنَآ
ءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَءَاتَيۡنَٰهُم مُّلۡكًا عَظِيمٗا ﴿٥٤﴾
فَمِنۡهُم مَّنۡ ءَامَنَ بِهِۦ وَمِنۡهُم مَّن صَدَّ عَنۡهُۚ وَكَفَىٰ بِجَهَنَّمَ سَعِيرًا
﴿٥٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا سَوۡفَ نُصۡلِيهِمۡ نَارٗا كُلَّمَا نَضِجَتۡ
جُلُودُهُم بَدَّلۡنَٰهُمۡ جُلُودًا غَيۡرَهَا لِيَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَۗ إِنَّ ٱللَّهَ
كَانَ عَزِيزًا حَكِيمٗا ﴿٥٦﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
سَنُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ
لَّهُمۡ فِيهَآ أَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞۖ وَنُدۡخِلُهُمۡ ظِلّٗا ظَلِيلًا ﴿٥٧﴾ ۞ إِنَّ
ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ
ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا
بَصِيرٗا ﴿٥٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي
ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ
تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴿٥٩﴾

(٥٠) تەماشاکە کە ئەمانە چۆن بە دەمی خواوە درۆ هەڵدەبەستن؟ وە بەسە ئەم درۆیەی کە دەیکەن دانرێت بە گوناهێکی ئاشکرا بۆیان.

(٥١) ئایا تۆ نابینی ئەو کەسانەی کە بەشێك لە کتێبیان پێ دراوە کەچی چەواشە دەبن‌و باوڕ بە (جبت و طاغوت) دەکەن وەئەمانە دەڵێن بەوانەی کەوا کافرن ئا ئەمانە رێگایان چاکترە لەوانەی کە ئیمانیان هەیە. جا دەڵێن: کاتێك کە قورەیش چون پرسیاریان کرد لە جوەکان کە ئایا ئێمە راستین یان محمدﷺ ؟ وتیان: ئێوە راستن‌و رێگای ئێوە چاکترە لە پەیڕەوانی محمدﷺ .

(٥٢) ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوا نەفرینی لێ کردون، چونکە دژایەتی خواو پێغەمبەریان ﷺ کردوەو هەر کەسێکیش کە خوا نەفرینی لێ بکات ئیتر کێ هەیە یارمەتی بدات؟ واتە کەس یارمەتی نادات و ئەبێ سزای سەخت وسوتێنەر پاداشتی کردارو تاوانە پیسەکانی بێت. جولەکە پێیان وابو کە سەرپەرستی ئایینی وکۆمەڵایەتی ئەبێ لە دەست ئەواندا بێت‌و پێیان ئەنگ وسەرشۆڕی بو ئەگەر پەیڕەوی پێغەمبەرێکی عەرەب بکەن‌و هەر خۆیان بە خاوەنی ئەو مولکە دەزانی خواش دەفەرموێ:

(٥٣) ئایا بەشێك لەو مولکە کە پێغەمبەرایەتیە هەیە بۆئەوان؟ ئەوسا ئەگەر بەشیان پێوەبوایە بە ئەندازەی ئەو چاڵە بچوکەی سەر ناوکی خورمایان بەکەس نەدەدا ئەوندە رژدو دنیا پەرەستن، جا چۆن دەبێ ئەوان بکرێن بە خاوەن موڵك؟ نە هەر هیچ نابەخشن:

(٥٤) بەڵکوئەوان حەسادەت دەبەن بە خەڵك لە سەر ئەوەی کە خوای گەورە لە بەهرەو رەحمی خۆی بەشی داون، بەراستی ئێمە بە ئالی ئیبراهیم کە بە قسەی خۆیان ئەوان دوای ئیبراهیم کەوتون کتێب‌و ژیری‌و مولکێکی گەورەیشمان پێدان، جا ئەگەر ئەوان لە نەوەی ئیبراهیمن خۆ محمدیشﷺ لە نەوەی ئیبراهیمە. جا بۆ بۆئەوان دەسەڵات‌و پێغەمبەرایەتی راستەو دروستەو بۆ محمدﷺ نادروست؟ بەراستی ئەم خۆ پەسەندی‌و لە خۆبایبونە هەر لە جولەکەو بێ‌باوەران دەوەشێتەوە. مەبەست لەخەڵك لێرەدا پێغەمبەرەﷺ چونکە هەرچی ئەخلاقی پاك‌و رەوشتی جوان هەبێت لە مرۆڤـەکاندا لەودا کۆبوەتەوە هەر خۆی بە تەنیا ﴿النَّاس/خەڵکە﴾ وەکو چۆن خوای گەورە دەفەرموێ: لەبارەی ئیبراهیم ﴿ إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةٗ قَانِتٗا لِّلَّهِ /النحل: ١٢٠/ ئەو یەك ئۆممەتی گەردن کەچ بووە بۆ الله ﴾ لێرەش پێغەمبەری ئاخر زەمانی بە هەمو خەڵك داناوە.

(٥٥) جا هەندێك لەو کاتەدا ئیمانیان بەو هێناوە هەندێکیشیان بەرگری خەڵکیان کردوە لە باوەڕ هێنان واتە ئەوان بۆ ئیبراهیم ئاوایان کرد ئەی بۆ تۆ چی دەکەن ئەی محمدﷺ؟ دەگونجێت ماناکەی بەم شێوەیەش بێت ئا ئەوانە هەندێکیان باوەڕیان هێنا بەمەی کە بۆ محمدﷺ هات بوو وەکو عەبدوڵا ی کوڕی سەلام، وە هەندێکیشیان خەڵکیان مەنع دەکردو نەیان دەهێلا خەڵك ئیمان بهێنێت، بەڵام خوای گەورە دەفەرموێ: بەسە جەهەننەم ئەو ئاگرە بڵێسە دارە بۆ ئەو تاوانبارانەی کە دژایەتی رێبازی پێغەمبەریانﷺ کرد کە رێبازی ئیبراهیمە عليه السلام. ئینجا باسی پاداشتی باوەڕدارو سزای بێ‌باوەڕ دەکات‌و دەفەرموێ:

(٥٦) بە بێگومان ئەوکەسانەی کە کافرن بە نیشانەکانی ئێمە بەم زوانە ئێمە دەیان خەینە ناو ئاگرێکی سوتێنەرەوە جا هەر

کاتێك ئەو پێستە قایمەیان کولا ـ کە لە هەرکاتژمرێکدا سەدو بیست جار دەتوێتەوە ـ پێستێکی تریان بۆ دروست دەکەین تا سزای تەواوی ئیشە ناپەسەندەکانی خۆیان بچەژن، بە بێگومان کە ألله خاوەن هێزەو دانایە. واتە ئەم سزا گرانەتان بە لاوە سەیر نەبێت چونکە الله خاوەنی هێزەو هەرچی ئارەزۆ بکات دەیکاتو هیچ شتێك ناتوانێت رێگای بگرێتو هەروەها دانایەو دەزانی چۆن تاوان بن بڕ بکات. وە لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەردەکەوێت کە پێست هەستی ئێشو ئازار دەکات جا ئەگەر زانستی مرۆڤ تازە ئەمەی زانیبێت خۆ قورئان چواردە چەرخ لە مەو بەر بە خەڵکی وتوە، جا فەرمون بۆبیستنی پاداشتی چاکە کاران کە دەفەرموێ:

(٥٧) بەراستی ئەوکەسانەی کە ئیمانیان بوە و کرداری چاکیان کردوە بەم زوانە دەیان خەینە ناو بەهەشتانێکەوە کە لە ژێر ئەو بەهەشتانەدا چەندین جۆگە دەڕوات کەهەمیشە تێیدا دەمێننەوە، بۆ ئەوان لەو شوێنانەدا چەندین هاوسەری پاك وخاوێن هەیە کە نە عوزری ژنانەیان هەیەو نە نەخۆش دەکەون ونەهیچ خراپیان هەیەو دەیان خەینە ناو سێبەرێکی زۆر درێژەوە. پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ فِي الْجَنَّةِ لَشَجَرَةً يَسِيرُ الرَّاكِبُ فِي ظِلِّهَا مِائَةَ عَامٍ لَا يَقْطَعُهَا /متفق علية/ بێگومان درختی وا هەیە لە بهەشت دا کە سەد ساڵ سوار بە ژێر سێبەری ئەو درەختەدا بڕوات ناگاتە ئەو سەری}. وەك دەفەرموێ: ﴿ وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ ﴾ الواقعە: ٣٠ / وە سێبەرێکی زۆر درێژ﴾.. ئینجا حوکمێکی ترمان بۆ باس دەکات هۆی دابەزینی ئەو حوکمە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا کاتێك کە فەتحی مەکە کرا چوە ناو مەکەوە داوای کلیلی کرد لە عوسمانی کوری تەلحە کە کلیلی کەعبەی پێ بوو لێی وەرگرت، چوە ناو کەعبەوە کە هاتە دەرەوە عەباس یان عەلی داوای لێ کرد کە کلیلەکەی پێ بدات تا کلیلی کەعبەیش هەر بە دەست ئەوانەوە بێت وەکو چۆن ئاو دانی حاجی بە دەست ئەوانەوە بو، ئینجا جبرەئیل هاتو وتی: کلیلەکە بدەنەوە بە عوسمان پێغەمبەریشﷺ بانگی عوسمانی کردو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوەو: ﴿۞ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ.. ﴾ کلیلەکەیشی دایەوە بە عوسمان.

(٥٨) بەراستی خوا ئەمرتان پێ دەکات کە ئەمانەتەکان بدەنە دەست خاوەنی خۆیان، وە ئەمە بڕیارێکی گشتیە پێویستە هەر کەسێك ئەمانەتێکی لابوو بیداتەوە بە خاوەنەکەی موسڵمان بێت یان کافر دەوڵەمەند بێت یان فەقیر پیاو بێت یان ئافرەت چاك بێت یان خراپ، ئینجا سەبارەت بە حوکمی حاکمان دەفەرموێ: هەر کاتێك حوکمتان کرد لە نێوان خەڵکا پێویستە بە داد پەروەرانە حوکم بکەن بە بێگومان کەألله بە باشترین شت ئێوە ئاموژگاری دەکات بەراستی خوای داناو میهرەبان هەمیشە بۆ ئیشو بەرنامەی چاك ئاموژگاریمان دەکاتو بەهەر شتێك کە فرمانی کردوە بە سودمانە ئەنجام دانیو هەر شتێکیش کەقەدەغەی کردوە لێمان لە هەردوو ژیان دا زیانێکی گەورە دەکەین ئەگەر سنور ببەزێنینو ئەو کارە ئەنجام بدەین، وە هەر فەرمانڕەوایەکیش دادگەر بێت لە رۆژی قیامەتدا لە ژێر سێبەری عەرشدایەو خوایش یارمەتی دەدات. بە بێگومان کە ألله بیسەرە هەموو شتێك دەبیسێ چ بە دەنگی زۆر گەورە بێت چ بە چپەو زۆر هێواش‌وبینەرەو هەموو شتێك دەبینێ لە گەورەو بچوك. ئینجا پاش ئەوەی کە فەرموی حاکمان دەبێ دادپەروەر بن ئینجا باسی فرمان بە سەرا دراوان دەکاتو دەفەرموێ:

(٥٩) ئەی خاوەن باوەڕان گوێڕایەڵی خوا بکەن‌وگوێڕایەڵی پێغەمبەرﷺ بکەن و ئەوانەش کە خاوەنی ئەمرن لە ناو خۆتاندا، گوێ رایەڵی ئەوانیش بکەن. لێرەدا وشەی ﴿اطاعة﴾ ی بۆ خواو پێغەمبەرﷺ باس کرد بەڵام لە ﴿أُوْلِي ٱلْأَمْرِ﴾ دا دوبارەی نەکردەوە تا بزانین کە فرماندارێك پێویستە بە گوێیان بکرێت کە فرمانی خواو پێغەمبەرﷺ بە سەر خەڵکدا بدات ئەگینا ئەگەر فرمانەکانی دژی فرمانی خواو پێغەمبەر ﷺ بوو نا بێ بەگوێ بکرێت بەڵکو دەبێ گەل ئەو فەرماندەیە لابات مادام خراپەیەکی گەورەتر لە تاوانەکەی ئەو روونەدات وەکو پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ عَلَى الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ فِيمَا أَحَبَّ وَكَرِهَ مَا لَمْ يُؤْمَرْ بِمَعْصِيَةٍ فَإِذَا أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ فَلَا سَمْعَ وَلَا طَاعَةَ /متفق علية/ گوێ گرتن‌و پەیڕەوی کردن پێویستە لە سەر هەمو پیاوێکی موسڵمان لەو شتەی کە پێی خۆشەو لەوەش کەپێی ناخۆشە مادام فرمانی تاوانی پێ نەدرا جا ئەگەر فرمانی تاوانی بە سەرا درا نەگوێ گرتن هەیەو نە پەیڕەوی کردن} وشەی ﴿مِنكُمْ/ لە خۆتان﴾ تێمان دەگەیەنێت کە ئەو کەسەی کە سەپەرشتی موسڵمانان دەکات

پێویستە لە خۆیان بێت واتە ئەویش موسڵمان بێت، پاشان دەفەرموێ: وە ئەگەر لە بارەی هەر شتێکەو نارێکیتان بوو دەبێ روکەنەوە خواو پێغەمبەرﷺ کە قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەرەﷺ ئەگەر باوەڕتان بە خواو بە رۆژی دوای هەیە واتە رێگە نیە بۆ هیچ خاوەن باوەڕێك کە ناکۆکیەکانی خۆی بە رێبازو فرمانی بێجگە لە خواو لە پێغەمبەر چارەسەر بکات جا هەر نارێکیەك لە نێوان دوو موسڵماندا روی داو یەکێکیان وتی: با بچینە لای شەرعو ئەویتریان وتی: شەرعم پێ قبول نیە با بچینە لای یاسا، بێ گومان دووهەمیان کافر دەبێت وەکو لە ئایەتی شەستوپێنجی هەمان سورەت دا دێت. بۆیە دەفەرموێ: هەر ئەمە چاکەو جوانترین شتە بۆ ئایندە هەم بۆ دنیاو هەم بۆ پاشەرۆژ. ئینجا خوای گەورە جوانتر ئەم دوو کەسە لە یەکتر جیا دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(٦٠) ئایا تۆ نابینیت ئەو کەسانەی کەوا گومان دەکەن کەباوەڕیان هەیە بەوەی کە رەوانە کراوەتەوە لای تۆو باوەڕیان هەیە بەوەی کە پێش تۆ رەوانە کراون بەڵام لەهەمان کاتدا دەیانەوێت حوکمی خۆیان ببەنە لای تاغوت لەحاڵێکدا کەئەوان دەستوریان پێ دراوە کە دەبێ کافر ببن بە تاغوت. ئەوە بوو لە سورەتی بەقرە ئایەتی دووسەدوپەنجاوشەشدا فەرموی: ﴿ئەوسا هەرکەسێك کە باوەڕی نەبێ بە تاغوتو ئیمانی ببێ بە الله ئەوە بەراستی دەستی گرتوە بە پەتی زۆر موحکەمەوەو بچڕانی بۆ نیە﴾ بەڵام ئەمانە بە پێچەوانەی ئەو ئایەتە رەفتار دەکەن، ئینجا خوا دەفەرموێ: وە شەیتان دەیەوێت ئەوان گومڕاە بکات بە گومڕاهییەکی دوور لە حەق. هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە بەم شێوەیە کە گوایە کابرایەکی یارمەتی دەرو جولەکەیەك بوو بە کێشەیان کابرای جولەکە وتی با لە نێوان منو تۆدا محمدﷺ بڕیار بدات کابرای موسڵمان وتی: نەخێر کەعبی کوڕی ئەشرەف. هەروەها بێژراوە کە سەبارەت بە کۆمەڵێك مونافق کە بە رواڵەت خۆیان بە موسڵمان پێشان دەداو ویستیان کە بچنە لای حاکمە نەفامەکان بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکانیان، بێجگە لە مانەش قسەی تر کراوە سەبارەت بە هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە، بەڵام ئەم ئایەتە بۆ گشتیەو لۆمەو سەرزەنشت کەری هەر کەسێکە کەلە کتێبی خواو لە سوننەتی پێغەمبەرﷺ لابداتو بچێت بۆ پەیڕەوی کردنی بێجگە لەوان، ئینجا خوای گەورە دوو رووەکانمان بۆ باس دەکاتەوەو دەفەرموێ:

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ
وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ
وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ
ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ
ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ
صُدُودًا ﴿٦١﴾ فَكَيْفَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌۢ بِمَا
قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَآءُوكَ يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّآ
إِحْسَٰنًا وَتَوْفِيقًا ﴿٦٢﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعْلَمُ ٱللَّهُ مَا
فِى قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِىٓ
أَنفُسِهِمْ قَوْلًۢا بَلِيغًا ﴿٦٣﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا
لِيُطَاعَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ
جَآءُوكَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ ٱللَّهَ وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ
لَوَجَدُوا۟ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا ﴿٦٤﴾ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ
حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟
فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾

(٦١) هەر کاتێك بەئەوان بوترێت وەرن با بچین بۆ لای ئەوەی کە خوا ناردویەتیو بۆ لای پێغەمبەرﷺ و باوەڕی پێ بهێننو هەر ئەویش لە نێوانماندا بڕیار بدات، ئەی محمد ﷺ تۆ دەبینی کە دووڕووەکان چۆن پشتت تێدەکەن بەپشت تێکردن.

(٦٢) ئەوە چۆنە هەر کاتێ کە ئەوان بەڵاو موسیبەتێکیان توش دێت بە بۆنەی ئیشی ناپەسەندی خۆیانەوە لە پاشان دێنە لاتو سوێند دەخۆن بە خواو دەڵێن: والله ئێمە پیاوی چاك بووینو مەبەستی خراپەمان هەرگیز نەبوەو هەر ویستومانە چاکە بکەینو رێگای راست ودروست بگرینو کیشەکان چارەسەر بکەین؟ بەڵێ ئەو کاتە ئاوەها بەزمانی لوسو قسەی قەڵەوو زل دەکەنو پاکانە بۆ ئیشە ناپەسەندەکانیان دەکەن، بەڵام الله به درۆیان دەخاتەوەو دەفەرموێ:

(٦٣) ئەوانە کەسانێکن کەخوای گەورە دەزانێت چیان لە ناو دڵدایە جاپشتیان تێ بکەو گوێ بە قسەکانیان مەدەو ئارەزۆی تۆڵە سەندنەوە مەکە بەڵکو دەبێ تۆ دڵ فراوان بیت و ئامۆژگاریان بکەو قسەیەکی جوانی وایان لە گەڵدا بکە کە کاریان تێ بکات، بەڵکو پەشیمان ببنەوەو بێنەوە سەر رێبازی خوا ناسان.

(٦٤) وه ئێمه هیچ پێغهمبهرێكمان رهوانه نهكردوه مهگهر بۆ ئهوه بێ كه پهیڕهوی بكرێت به ئیزنی خوا، وه ئهگهر ئهوان ئهوكاتهی كه زیانیان به خۆیان گهیاندو ستهمیان له خۆیان كرد لهو كاتهدا بهاتنایه لای تۆ، جا داوای لێخۆشبونیان بكردایه له خواو پێغهمبهریش داوای لێخۆشبونی بۆ كردنایه ئهو كاته دهیان دی كه خوا خوایهكی تهوبه قهبولكهرو به رهحمهو تهوبهی لێ وهردهگرتن.

دیاره ئیتاعهی پێغهمبهران بۆیه رهوایه چونكه به ئیزنی خوایه ئهگینا نابێ ئیتاعهی هیچ كهسێك بكرێت چونكه ئهگهر مرۆڤ ئیتاعهی ههر شتو ههر كهسێكی كرد مادام به فرمانی خوا نهبێت ئهو كهسه ئهگهر باوهڕ دار بێت دهبێ به موشریك وه ئهگهر باوهڕداریش نهبێت كافره كه جێگای ههردووكیان ئهگهر بهر لهمردن تهوبه نهكهن جهههننهمه، ئینجا ههر كهسێك ئهگهر تووشی گوناهێك بووه تهوبهی كردو پێغهمبهریشﷺ دوعای بۆ كرد ئیتر خوای گهوره له گوناههكانی خۆش دهبێت جا موژده بێت بۆ خاوهن باوهڕان چونكه پێغهمبهرﷺ به فهرمانی خوا دوعای كردوه چونكه خوا فهرمویهتی: ﴿ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ﴾ محمد: ١٩ / داوای لێ خۆشبون بكه بۆخۆت بۆ ههمو باوهڕداران﴾. ئاشكرایه كه پێغهمبهرﷺ فرمانی خوای به تهواوی ئهنجام داوه، جا ئهگهر ئهمڕۆ له ژیاندا نیه ئهو دوعای بۆ كردوین جا مادهم تهوبه بكهین خوای گهورهو میهرهبان لێمان خۆش دهبێت، جا با دووڕوو بێباوهڕانیش ئهم ههله لهدهست خۆیان نهدهن تا له دنیا دهر نهچون پهشیمان ببنهوهو رێگای پێغهمبهرﷺ بگرنو تهوبه بكهن، خوا، خوای ههمومانهو ئهم ئایینه بۆ ههمو خهڵكه ههتا قیامهت به بێ جیاوازی،

ئینجا به راستو رونی خوا پێشانمان دهدات كه كێ موسڵمانهو كێ كافرهو كهس ناتوانێ خۆی بشارێتهوهو ههرچی بكات ههرچی بڵێت موسڵمانم جا پێش ئهوهی كه ئهم ئایهته باس بكهین بۆ چاكتر ڕۆشن بونهوهی ماناكهی هۆیدابهزینی ئایهتهكه باس دهكهین كهئیمامی بۆخاری له عوروهی كوری زوبهیرهوه دهیگێڕنهوه كه پیاوێك: لهگهڵ زوبهیردا له سهر ئاوی چهمێك بوو به كێشهیان كه باخی زوبهیر پێش باخی كابرا بوو‌پێغهمبهرﷺ فهرموی: {إسْقِ يَا زُبَيْرُ ثُمَّ أَرْسِلْ الْمَاءَ إِلَى جَارِكَ فَغَضِبَ الأَنْصَارِيُّ فَقَالَ أَنْ كَانَ ابْنَ عَمَّتِكَ فَتَلَوَّنَ وَجْهُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ ثُمَّ قَالَ اسْقِ يَا زُبَيْرُ ثُمَّ احْبِسْ الْمَاءَ حَتَّى يَرْجِعَ إِلَى الْجَدْرِ فَقَالَ الزُّبَيْرُ وَاللَّهِ إِنِّي لَأَحْسِبُ هَذِهِ الْآيَةَ نَزَلَتْ فِي ذَلِكَ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ /پێغهمبهری خواﷺ فهرموی ئهی زوبهیر باخهكهت ئاو بدهوپاشان ڕهوانهی بكه بۆ هاوسێكهت كابرای یارمهتی دهر توڕهبوو وتی: له بهر ئهوهی كه پوور زاته بۆیه وای بۆ ئهكهیت؟ روومهتی پێغهمبهری خواﷺ گۆڕاو فهرموی: ئهی زوبهیر گۆڵهكانی خۆت تهواو پڕ بكه ئینجا ڕهوانهی بكه بۆ هاوسێكهت بهم شێوهیه ڕك وڕاست مافی تهواوی دا به زوبهیر كاتێ كه كابرا ڕقی پێغهمبهریﷺ ههستان، له پێشهوه سوڵحی كردنو ڕێگایهكی بۆ دانان كه بۆ ههردووكیان فرهوانی تێدا بوو كه پیاوهتی له گهڵ یهكتردا بكهن یان زوبهیر زووتر ڕهوانهی بكردایه یان ئهو كهمێ چاوپۆشی له زوبهیر بكردایه بهڵام وا ئێستا حوكمهو دهبێ ههردوو بهو شێوهیه رهفتار بكهن. زوبهیر دهڵێت: من وا دهزانم كه ئهم ئایهته لهو بارهوه دابهزیوه﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ... ﴾ }

له پێشهوه باسمان كرد كه ههندێك ئیدعای باوهڕ به خواو بهوهی كه ڕهوانهی كردوه ههبو بهڵام كاتێ بیانویستایه بڕیارێكیان بۆ بدرێت بهرهو تاغوت دهڕۆیشتن، خوا لهوێدا ئهو ڕێگهی به ڕێگهی شهیتان داناو فهرموی: شهیتان دهیهوێت له ڕێگای راست لایان بدات لێرهدا ڕۆشنترو توندتر دهفهرموێ:

(٦٥) وانیه سوێند به خوای تۆ ئهی محمدﷺ ئهوانه باوهڕیان نییه ههتا تۆ نهكهن به حهكهم له ههمو شتێكدا كه رودهدات له بهینیانداو له پاش حوكمهكهی تۆ ههر ئهوهش بهس نیه كه به دهم بڵێن رازین بهڵكو دهبێ به دڵو به گیان بهو بڕیارهی تۆ رازی ببن كهواته نابێ له ناو دڵیاندا هیچ ناڕهحهتیهك ههبێت ئهگهر به سودی نهبوو واته ئهگهر له ناو دڵیشیاندا نارازی بوون بهو حوكمه كه كرا مانای وایه ئیمانیان نیهو درۆ دهكهن، نهك ههر ئاوههاش بهڵكو دهبێ به ههمو شێوهیهكیش گهردن كهچی خۆیان بهرامبهر بهو حوكمه پێشان بدهن و خۆیان تهسلیم بكهن. بهڵێ پێویسته مرۆڤی خاوهن باوهڕ له دڵهوه خۆشحاڵی به فرمانهكانی خواو پێغهمبهرﷺ دهرببڕێتو پێی رازی بێت، چونكه ههموی بۆ سودی مرۆڤهو هیچ سودێك یان زیانێك له كردنو نهكردنیدا به خوا ناگات.

وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ ٱقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ أَوِ ٱخْرُجُوا۟ مِن
دِيَـٰرِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ ۖ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا۟ مَا يُوعَظُونَ
بِهِۦ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا ﴿٦٦﴾ وَإِذًا لَّـَٔاتَيْنَـٰهُم مِّن
لَّدُنَّآ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٦٧﴾ وَلَهَدَيْنَـٰهُمْ صِرَٰطًا مُّسْتَقِيمًا ﴿٦٨﴾
وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم
مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّـٰلِحِينَ ۚ وَحَسُنَ
أُو۟لَـٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾ ذَٰلِكَ ٱلْفَضْلُ مِنَ ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ
بِٱللَّهِ عَلِيمًا ﴿٧٠﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ خُذُوا۟ حِذْرَكُمْ
فَٱنفِرُوا۟ ثُبَاتٍ أَوِ ٱنفِرُوا۟ جَمِيعًا ﴿٧١﴾ وَإِنَّ مِنكُمْ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ
فَإِنْ أَصَـٰبَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَالَ قَدْ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَىَّ إِذْ لَمْ أَكُن مَّعَهُمْ
شَهِيدًا ﴿٧٢﴾ وَلَئِنْ أَصَـٰبَكُمْ فَضْلٌ مِّنَ ٱللَّهِ لَيَقُولَنَّ كَأَن
لَّمْ تَكُنۢ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُۥ مَوَدَّةٌ يَـٰلَيْتَنِى كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ
فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧٣﴾ ۞ فَلْيُقَـٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ
يَشْرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ وَمَن يُقَـٰتِلْ فِى
سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٧٤﴾

(٦٦) ئەگەر ئێمە پێویستمان بکردایە لە سەر ئەوان کە خۆیان بکوژن یان دەبێ لە ماڵکانتاندا دەربچن نەیان دەکرد مەگەر کۆمەڵێکی کەمیان نەبێت جا ئەگەر ئەوان ئەوەی کە ئامۆژگاریان پێ کرا بیانکردایە بەراستی ئەوە شتێکی زۆر باش بوو بۆ یانو ئەوە دەبو بە هۆی بتەوتر بونی ئەوان لە سەر ڕێبازی خوا. واتە ئەگەر بمان وتایە کە دەبێ خۆتان بکوژن ئەگینا تەوبەتان لێ قەبوڵ ناکەین، وەدەبێ لە ناو ماڵو خێزانی خۆتان کۆچ بکەنو دەربچن بۆ وڵاتێکی تر، چونکە گوناهتان کردوە ئەگینا تەوبەتان لێ قەبوڵ ناکەین ئەنجامتان نەدەدا مەگەر کۆمەڵێکی کەمتان. کەوابوو شوکری خوا بکەن کە ئەو بارەی سوك کردوە لە سەر ئێوەو تەنها بە تەوبە کردنو پاڕانەوەی پێغەمبەرﷺ بۆتان خوای گەورە تەوبەتان لێ قەبوڵ دەکات. جا لەم دوو ئایەتەوە بەچاکی دەرکەوت کە حاکمیەتی غەیری خوا نا بێ قەبووڵ بکەین و فرمانی پێغەمبەریشﷺ هەر فرمانی خوایەو فرمانی کەسی تر نا بێ قەبوڵ بکرێت مەگەر فرمانەکەی فرمانی خواو پێغەمبەر بێت، وە دەبێ فرمان بە سەرا دراو بە دڵو بە گیانو بە ماڵ ئامادەی ئەنجام دانی ئەو فرمانانەی خواو پێغەمبەر بێت ئەگینا لە سنوری باوەڕ دار دەردەچێت با ریشەکەی مەترێك پان بێتو مێزەرەکەی لە بەفر سپی تربێت، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ اللَّهَ لَا يَنْظُرُ إِلَى أَجْسَادِكُمْ وَلَا إِلَى صُوَرِكُمْ وَلَكِنْ يَنْظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ وَأَشَارَ بِأَصَابِعِهِ إِلَى صَدْرِهِ /مسلم وغيره/بەراستی خوا تەماشای لەشو وێنەتان ناکات بەڵام تەماشای دڵەکانتان دەکات، وەبەپەنجەی هیمای کرد بۆسینگی کەجێگای دڵە} جا ئەوەی کە بە گوێ خوای کرد دەفەرموێ:

(٦٧) وە ئەوکاتە لە لایەنی خۆمانەوە پاداشتێکی زۆر گەورەمان پێدەدان.

(٦٨) وە بە دڵنیاییەوە ئەوانمان ڕێنمایی دەکرد بۆ ڕێگای ڕاست. بەڵێ ئەو هەمو چاکە گەورانە کاتێك دەبێ کە ئێمە خۆمان پیاو بینو مەردانە بمانەوێ کە پەیڕەوی خواو پێغەمبەرەکەیﷺ بکەین چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿وە ئەوانەی کە کۆشش دەکەن لە بەر خاتری ئێمە با دڵنیا بن کە ئێمە ڕێنماییان دەکەین بۆهەمو بەشەکانی ئایین وە بە بێگومان کە الله لە گەل چاکە کاراندایە﴾ عەنکبوت: ٦٩. ئینجا خوا موژدەیەکی خۆش بۆ موسڵمانان باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٦٩) وە ئەو کەسەی کە پەیڕەوی خواو ئەم پێغەمبەرەی بکات ئەوسا ئەوە لەگەل ئەو کەسانەدا دەبێ کە خوا نیعمەتی ڕژاندوە بە سەریاندا کە پێغەمبەرانو ڕاستگۆیانو شەهیدانو پیاو چاکانن، ئای چ ڕەفیقێکی چاکن ئەوانە.

هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوە بوو کە جارێکیان پێغەمبەری خواﷺ یەکێ لە یارەکانی دی کە عاجز بوو فەرموی: بۆ عاجزی؟ وتی: خەیاڵێکەو هاتوە بە ناو دڵمدا لە بەر ئەوە عاجزم فەرموی: چیە؟ وتی: کەبیرم کردەوە ئێمە هەمو ڕۆژێك بەیانیو ئێوارە دێین بۆ لای تۆو بەهرەیەکی گەورە ئەبەین لە بینینو دانیشتن لە خزمەتتاو وەفرەناگرم کەرۆژێك نەتبینم، بەیانی تۆ بەرز ئەبیتەوە لە گەل پێغەمبەراناو ئێمە پێت ناگەین لە بەر ئەوە نارەحەتم کە ئەو ڕۆژە هاتە پێشەوە ئێمە تۆ نابینین پێغەمبەری خواﷺ بێ دەنگ بوو جبرەئیل دابەزیو ئەم ئایەتەی بۆ هێنا، جا پێغەمبەرﷺ ناردی بە شوێنیاو ئەم موژدە خۆشەی دایە.

﴿صدیق﴾ بە کەسێك دەڵێن کە باوەڕی بە پێغەمبەرو پەیامەکەی هەبێت لە دڵەوەو هیچ بەڵگەی نەوێتو بەراستی بزانێت. ﴿شهید﴾ بەو کەسە دەڵێن کە گیانی خۆ فیدای خوا بکات. ﴿صالح﴾ بە کەسێ دەڵێن کە لە ناو دڵیدا بێجگە لە چاکە کاری شتێکی تر نەبێت و لە کرداری خراپ لەشو دڵی

خۆی بپارێزێت. جا کەسێکیش کە لە بەر خوا ئەوانی خۆش بوێت بەو پلانە دەگات و پەروەردگاریش میهرەبانی خۆی بەوان دەگەیەنێت. لە فەرمودەی سەحیح دا هاتوە کە دەفەرموێ: {الْمرءُ مَعَ مَن أَحَبَّ /الترمذي، صححه الالباني/ مرۆڤ لە گەل ئەو کەسەدا دەبێت کە خۆشی دەوێت}.

(٧٠) ئەمە زیادە ڕێزێکە لە لایەنی خواوەو بە کردەوەی کابرا نیە چونکە هیچ کەس شایستەی ئەوە نیەکە بگاتە پلەی پێغەمبەرﷺ و زانینی خوا بەسە بۆ زانینی ڕاستیو ناراستی ناو دەرونی خەڵك و چاك دەزانێت کێ بەراستی پێغەمبەری خۆش دەوێت و کێش هەر بە دەمەو بە دڵ جۆرێکی ترە، ئینجا خوای گەورە موسڵمانان وریا دەکاتەوە بەرامبەر بە مەترسییەکانی دنیایی و دەفەرموێ:

(٧١) ئەی ئیمانداران هەمیشە ئامادە باش و وریا بن بەرامبەر بە دوژمنانتان جا هەمیشە کۆمەڵ کۆمەڵ دەرچن بۆ دینەکەی خواو بۆ جیهاد کردن لە ڕێگای خوادا یان هەر هەموتان دەربچن. واتە ئەگەر بە کۆمەڵ کۆمەڵ بەس بوو بەسە، ئەگەر بە کۆمەڵ کۆمەڵ بەس نەبوو دەبێ هەموتان دەرچن بۆ جیهاد لە ڕێگای خوادا،

ئینجا لەوەش وریامان دەکاتەوە کە هەندێ کەس لە سەرەتاوە لە گەل موسڵمانانن، بەڵام لە کاتی تەنگانەدا خۆیان دەکێشنەوە واتە لە دەروندا لە گەل موسڵماندا نین، بەڵام لە ڕواڵەتا خۆیان وا پێشان دەدەن کە لە گەل موسڵمانان دان هەتا کاتی نارەحەتی، ئینجا ئەگەر ئەو کاتە تووشی نیعمەتێك بون داخ و خەفەتی زۆر ئەخوات بۆ ئەویش نەبوە ، وە ئەگەر تووشی ناخۆشیش بون دەڵێن چاك بو لە گەلیاندا نەبوین ، ئەوەتە خوای گەورە ئەو باسەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوەو نیەت و رەفتارو کرداری هەل پەرست و دوو روە کانمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێ:

(٧٢) بێشك کەلە ناو ئێوەدا کەسانێك هەن کە سستی دەکەن و خۆیان دەشارنەوە لە جیهاد جا ئەگەر ئێوە دوچاری بەلاو موسیبەتێك هاتن دەڵێت: بەراستی خوای گەورە نیعمەتی بەسەرمدا ڕژاندو منی خۆشبەخت کرد کە لە گەل ئەوانە نەبوم کە تووشی ئەو بەلایە ببم.

(٧٣) خۆ ئەگەر هات و خوا دوچاری چاکەیەکی کردن و نیعمەتێکی خۆی دابە ئێوە وسەرکەوتن و دەسکەوتێکی دنیاییتان دەستکەوت ئەو کاتە وەك ئەوەی کە هیچ دۆستایەتیەك نەبێت لە بەینی ئێوەو ئەودا دەڵێت: ئای خۆزگە منیش لە گەل ئەواندا بومایە جا منیش ئا ئەو بەهرە گەورەیەم دەست بکەوتایە. بەڵێ بێ باوەڕان و دووروەکان و ئەوانەی کە لەجیهاد خۆیان دەشارنەوە هەر سودو بەهرەی دنیا لە بەر چاو دەگرن. ئینجا باسی جیهاد دەکات و دەفەرموێ:

(٧٤) با شەڕ بکەن لە ڕێگای خوادا ئەوانەی کە ژیانی دنیایان دەفرۆشن بە قیامەت، وە ئەو کەسەی کە شەڕ بکات لە ڕێگای خوادا جا بکوژرێت یان سەر بکەوێت ئەوسا بەم زوانە پاداشتێکی گەورەی پێ دەدەین. جا ئەگەر کابرا نەکوژراو سەرکەوت و غەنیمەتی دەست کەوت با وا نەزانێ کە پاداشتی قیامەتی ڕۆیشتوە، نەخێر لە فەرمودەداهاتوەکە: {تَكَفَّلَ اللَّهُ لِمَنْ جَاهَدَ فِي سَبِيلِهِ لَا يُخرِجُهُ إِلَّا الْجِهَادُ فِي سَبِيلِهِ وَتَصْدِيقُ كَلِمَاتِهِ بِأَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ أَوْ يَرْجِعَهُ إِلَى مَسْكَنِهِ الَّذِي خَرَجَ مِنْهُ مَعَ مَا نَالَ مِنْ أَجْرٍ أَوْ غَنِيمَةٍ /متفق عليه/ خوا خۆی کردوە بە زامن بۆ هەر تێکۆشەرێك لە ڕێگای خۆیدا کە ئەگەر مراندی بیخاتە بەهەشتەوە یان بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی دەرچوە لەگەل ئەوەی کە دەستی کەوتوە لە پاداشت یان لە دەستکەوت} بەم شێوەیە قورئان داوا لە خاوەن باوەڕان دەکات کە ڕژدی بە ماڵ و بە گیانیان نەکەن، چونکە هەم ماڵەکەو هەم گیانەکە ئەمانەتی خوا خۆیەتی وهەتا خۆی ئیرادە نەکات کەس ناتوانێ لایان بات و ئەگەر ویستی لەناویان ببات کەس بۆی ناپارێزرێت، دوبارە هەڕەشە دەکات لەو کەسانەی کە جیهاد دەخەنە پشت گوێ و هەڵیان دەنێت بۆ جیهادو دەفەرموێ:

وَمَا لَكُمْ لَا تُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ
وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةِ
ٱلظَّالِمِ أَهْلُهَا وَٱجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَٱجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ
نَصِيرًا ﴿٧٥﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ فَقَٰتِلُوٓا۟ أَوْلِيَآءَ ٱلشَّيْطَٰنِ ۖ إِنَّ كَيْدَ
ٱلشَّيْطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓا۟ أَيْدِيَكُمْ
وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ
مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً ۚ وَقَالُوا۟ رَبَّنَا لِمَ
كَتَبْتَ عَلَيْنَا ٱلْقِتَالَ لَوْلَآ أَخَّرْتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ ۗ قُلْ مَتَٰعُ ٱلدُّنْيَا
قَلِيلٌ وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٧٧﴾ أَيْنَمَا
تَكُونُوا۟ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ ۗ وَإِن تُصِبْهُمْ
حَسَنَةٌ يَقُولُوا۟ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُوا۟
هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِكَ ۚ قُلْ كُلٌّ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ فَمَالِ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ
يَفْقَهُونَ حَدِيثًا ﴿٧٨﴾ مَّآ أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن
سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ ۚ وَأَرْسَلْنَٰكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿٧٩﴾

(٧٥) ئەوە چیەو بۆ دەبێ شەڕ ناکەن لە ڕێگای خواداو لە ڕێگای ڕزگارکردنی چەوساوان لە پیاوانو ژنانو منالآنێك کە دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان دەرمان بکە لەم شارەی کەگەورەو دەسەلآتدارانی ستەمکارەو خوایە لە لایەن خۆتەوە دۆستێکمان بۆ بنێرەو لە لایەن خۆتەوە یارمەتی دەرێکمان بۆبنێرە؟! مەبەست پێی شاری مەکەیە (ابن عباس) کە ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە دەیوت منو دایکم لەوانە بوین. (قریة) بە گوندو شاریش دەوترێت ئەوەتە قورئان بە مەکە دەفەرموێ: (ام القری) لەکاتێکدا مەکە لەو سەردەمەدا گەورەترین شاری ئەو دەورو بەرەبوە. ئینجا خوا زیاتر موسڵمانان هەڵدە نێو دەفەرموێ:

(٧٦) ئەو کەسانەی کە ئیماندارن شەڕ لە ڕێگەی خوادا دەکەن بەلآم ئەوانەی کە کافرن شەڕ لە ڕێگەی طاغوتدا دکەن بۆ هێنانە دی ئاواتی ئەو تاغوتەوبەرز بونەوەی ، دەی سا شەڕ بکەن لە گەل دۆستەکانی شەیتان داو مەترستن چونکە بێگومان بزانن کە فرو فێڵی شەیتان زەعیفو لاوازە. بەڵێ ئەم ئایەتە بناغەیەکی گەورەمان بۆ دیاری دەکات ئەوەش ئەوەیە کە هەرکەس کە بە بێزۆرەملی لە پێناوی تاغوتەکان وەك حاکمە کافرەکان شەر بکاتو یارمەتیان بدات دژ بە باوەڕداران ئەوە کافرە با خۆشی بە باوەڕداربزانێت، کاتێك موسڵمانان لە سەرەتاوە لە شاری مەکە بون تەنها چەند شتێکی وەکو نوێژو دوری لە ڕەوشتی ناپەسەند پێویست کرابو لە سەریان ئێشو ئازاری زۆریان دەدی بەدەست موشریکانەوەو ئاواتیان دەخواست کە فرمانی جیهادیان بۆبێت کە ئەو کاتەش نەگونجاو بو لە بەر چەند هۆیەك لە وانە کەمی موسڵمانانو زۆری دوژمنەکانیانو بونیان لەو شارە بەرێزە دابو کە شەڕ لەو شارە دا شتێکی پەسەند نەبو، ئینجا کە هاتنە مەدینەو ژمارەیان زۆر بو جێگاو یارمەتی دەریان بۆ پەیدا بو خوا داوای لێکردن کە جیهاد بکەن کە چی لەو کاتە دا پێیان خوش نەبو وەك دەفەرموێ:

(٧٧) ئەی محمد ﷺ ئایا تۆ نابینی ئەو کەسانەی کە پێیان وترا لە پێشەوە دەستی خوتان بگرنو شەڕنەکەن ونوێژەکانتان بکەنو زەکات بدەن کە ئەو کاتە چونیەتی زەکاتیش دیاری نەکرابو، کە چی کاتێك کە فەرز کرا لە سەریان شەڕ بکەن ئالەو کاتەدا هەندێك لە وانە دەترسان لە خەڵك وەك چۆن دەترسان لە خوا یان زیاتر لە خواش لە وان دەترسان کەدەیان وت: ئەی پەروەردگارمان بۆ فەرزت کرد لە سەرمان شەڕ خۆزگە ماوەیەکی تر دوات بخستایە بۆمان خواش دەفەرموێ: پێان بڵێ ڕابواردنو لەزەتەکانی دنیا شتێکی کەمنو ئاخیرەت باشە بۆ ئەو کەسەی کەتەقوای هەبێتو لە خوابترسێتو بە ئەندازەی دەزولە باریکەکەی ناودەنکی خورما ستەمەتان لێ ناکرێت. شتێکی ڕونە کە ئێوە لە ترسی مەرگە پێتان ناخۆشە شەڕ بکەن بەلآم بزان کە..

(٧٨) لە هەر کوێیدا بن مەرگتان پێ دەگات ئەگەر چی ئێوە لە چەندین قەسری پتەو بەهێزو سافکاری کراو بە گەچ دابن، وە ئەگەر توشی خۆشی ببن دەڵێن ئەمە لە لایەنی خواوەیە، وەئەگەر تووشی بەلآو موسیبەت بوون دەڵێن: ئەمە خەتای تۆیە ئەی محمد ﷺپێیان بڵێ: ئەمە هەموی لە لایەنی خواوەیە، خۆشی وناخۆشیو گرانیو هەرزانی بە بێ ویستی خوا نابێت. هەرچەند کە مرۆڤ خۆیشی هۆی چاکی یان خراپی بێت، ئەوە چیە ئەو قەومە خەریکە نەزانن چۆن قسە دەکەنو دەرکیان نیە لە قسە کردنیاندا ونافامن چی دەڵێن.

(٧٩) ئەوەی کە دووچاری تۆ دێت ئەی محمدﷺ لە چاکە لە لایەنی خواوەیەو ئەوەی کە دوچارت دەبێت لە خراپە ئەوسا ئەوەیش هەرلە نەفسی خۆتەوەیە، بە بۆنەی لادانی خۆتە لە هەندێك شتی پێویست بۆیە تووشی بەلآو موسیبەت دەبی، وە

مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ
عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا ﴿٨٠﴾ وَيَقُولُونَ طَاعَةٞ فَإِذَا بَرَزُواْ مِنۡ
عِندِكَ بَيَّتَ طَآئِفَةٞ مِّنۡهُمۡ غَيۡرَ ٱلَّذِي تَقُولُۖ وَٱللَّهُ يَكۡتُبُ
مَا يُبَيِّتُونَۖ فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا
﴿٨١﴾ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَۚ وَلَوۡ كَانَ مِنۡ عِندِ غَيۡرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ
فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا ﴿٨٢﴾ وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ
أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي
ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ
ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٨٣﴾
فَقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفۡسَكَۚ وَحَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ
عَسَى ٱللَّهُ أَن يَكُفَّ بَأۡسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ وَٱللَّهُ أَشَدُّ بَأۡسٗا
وَأَشَدُّ تَنكِيلٗا ﴿٨٤﴾ مَّن يَشۡفَعۡ شَفَٰعَةً حَسَنَةٗ يَكُن لَّهُۥ
نَصِيبٞ مِّنۡهَاۖ وَمَن يَشۡفَعۡ شَفَٰعَةٗ سَيِّئَةٗ يَكُن لَّهُۥ كِفۡلٞ مِّنۡهَاۗ
وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقِيتٗا ﴿٨٥﴾ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٖ فَحَيُّواْ
بِأَحۡسَنَ مِنۡهَآ أَوۡ رُدُّوهَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ حَسِيبًا ﴿٨٦﴾

ئێمە تۆمان ڕەوانە کردوە بۆلای خەڵك کە نێرراوی ئێمە بیتو پەیامی ئێمە بگەیەنێت بەوان، وە بەسە کە خوا شایەت بێت لە سەر گەیاندنی ئەوپەیامەو ڕەفتاری ئەوان لە گەل تۆدا. جا خوا ئەگەر بە پێغەمبەرﷺ بفەرموێ: ئەی محمدﷺ هەرچی تەنگو چەڵەمەت تووش بێت تاوانی خۆتە ئەی ئێمەی ئیماندار چۆن دەبین کە بە هەزاران تاوانمان هەیە؟ خۆ ئەگەر تووشی بچوکترین سزا ببین گورج ئاهو ناڵەی گلەییمان بە ئاسمان دەگات بەراستی هەر خوا چاکمان دەناسێت. ﴿إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومٗا جَهُولٗا /الاحزاب: ٧٢/ بەراستی کە مرۆڤ ستەمکارەو بێ ئاوەزا﴾

(٨٠) ئەو کەسەی کە پەیڕەوی ئەم پێغەمبەرەﷺ بکات ئەوسا بەراستی پەیڕەوی خوای کردوەو هەر کەسێك کە پشت بکاتە پێغەمبەرﷺ وگوێی پێ نەدات ئەوسا ئەی محمدﷺ ئێمە تۆمان نەناردوە کە حەرەسو چاودێری ئەوان بیت تۆ هەر گەیاندنت لە سەرەو بەس ئیتر ئەوان چی دەکەن لەتاوانو خراپەکاری ئێمە ئاگامان لێیانە. بۆ ڕۆشنکردنەوە ئەم مانایە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {مَنْ أَطَاعَنِي فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَمَنْ أَطَاعَ أَمِيرِي فَقَدْ أَطَاعَنِي وَمَنْ عَصَى أَمِيرِي فَقَدْ عَصَانِي /متفق علیه/ هەر کەسێك پەیرەوی من بکات پەیڕەوی خوای کردوەو هەر کەسێکیش سەرپێچیم بکات سەر پێچی لە فەرمانی خوا کردوە، وە هەر کەسێك پەیڕەوی ئەمیری خۆی بکات بەراستی پەیڕەوی لە من کردوە، وە هەر کەسێکیش سەر پێچی بکات بەراستی سەر پێچی لە فەرمانی من کردوە} ئێنجا هەندێ لە نهێنیەکانی دوو ڕوەکان باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٨١) لە لای تۆ دەڵێن: بە گوێت دەکەین، جا کاتێك کە دەرچوون لە لای تۆ شەو دادەنیشنو بڕیارێك دەدەنو شتێك دەڵێن نەنەوەی کە بە تۆیان وتوە، وە خوا دەینوسێت ئەوەی کە ئەوان بە شەو دەیڵێنو دەیکەن سا پشتیان تێ بکەو گوێیان پێ مەدەو بە حەوسەڵە بەو پشت ببەستە بە الله لە فڕو فێڵەکانیانو لەو باسو دانیشتنەی کە شەوان دادەنیشنو بیری لێ دەکەنەوە بەرامبەرت، وە بەسە کە خوا پشتیوان بێت.

ئینجا خوای دانا وا لە بەندەکانی دەکات کە بیر لە قورئان بکەنەوەو فێری وشەو ماناکانی ببنو تەماشا بکەنو بزانن لەو قورئانەدا دژایەتی یەکتری دەبینن، چونکە پەیامێکی ڕاستەو لە لایەنی زاتی حەقەوە هاتوەو دەفەرموێ:

(٨٢) ئایا ئەوان بیر ناکەنەوە لەو قورئانەی کە ئێمە بۆ تۆمان ڕەوانە کردوە ئەگەر ئەو کتێبە لە غەیری خواوە هاتبایە بێ شەك زۆر نارێکی تێدا دەبو، وە زۆر قسەی دژی یەکتری تۆمار دەکرد دەی مادام دەبینن کە قسەیەکی ڕێك وپێکەو هەموی لکاون بە یەکترەوە، دەبوایە خۆیان چاك بیانزانیایە کە ئەمە قسەی خوایە و تەسلیم بە قسەکانی تۆ ببونایە ئەی محمدﷺ بەڵێ بەراستی ئەوەی کە زاناو پسپۆر بێت لە بارەی قورئانەوە چاك سەری بەندایەتی بۆ خوا دادەخاتو دەڵێت: باوەڕمان بەوە هەیەو هەموی لە لایەنی پەروەردگارمانەوە هاتوە. عەبدولاّ ی کوڕی عومەر دەڵێت بەیانیەك زوو چومە خزمەتی پێغەمبەرﷺ و ئێمە دانیشتبوین ناکۆکیەك کەوتە نێوان دوو کەسەوە لە بارەی ئایەتێکەوە ودەنگیان بەرز بویەوە وپێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: {إِنَّمَا هَلَكَتِ الْأُمَمُ قَبْلَكُمْ بِاخْتِلَافِهِمْ فِي الْكِتَابِ /مسلم/ گەلانی پێش ئێوە هەرلەبەرئەوە لە ناوچوون کەنارێك بوون لە بارەی کتێبەکەیانەوە}

وە لە ریوایەتێکی تردا کە ئیمامی احمد باسی دەکات دەفەرموێ: {إِنَّ الْقُرْآنَ لَمْ يَنْزِلْ يُكَذِّبُ بَعْضُهُ بَعْضًا بَلْ يُصَدِّقُ بَعْضُهُ بَعْضًا فَمَا عَرَفْتُمْ مِنْهُ فَاعْمَلُوا بِهِ وَمَا جَهِلْتُمْ مِنْهُ فَرُدُّوهُ إِلَى عَالِمِهِ /صححه الالباني/ بەراستی قورئان نەهاتوە هەندێك

هەندێکی بە درۆ بخاتەوە بەڵکو هەر بەشێکی دان بەراستی ئەویتردا دەنێت جا ئەوەی کە دەزانن لەو ئیشی پێ بکەن و ئەوەش کە نایزانن بیگەڕێننەوە بۆ لای زانەری} وەك پەروەدگار دەفەرموێ: ﴿فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ الأنبياء: ٧/ پرسیار لە ئەهلی قورئان بکەن ئەوەی کە نایزانن﴾

وە دەفەرموێ: ﴿وَفَوْقَ كُلِّ ذِى عِلْمٍ عَلِيمٌ﴾ یوسف: ٧٦/ بە سەر هەمو خاوەن زانینێکدا زاناتر هەیە﴾

جا دەبێ تەماشای قورئان زۆر بە رێزەوە بکەین‌و کێشە لە سەر ئایەتەکانی دروست نەکەین‌و بە کەیفی خۆمان مانای نەکەین هەرچیمان زانی با ئیشی پێ بکەین‌و ئەوەیشمان نەزانی با پرسیار لە خۆمان زاناتر بکەین، زانایش ئەو کەسە نیە کە زمانی عەرەبی بزانێت زانا ئەو کەسەیە کە قورئان بزانێت. ئینجا خوای گەورە تەمیەی موسڵمانان دەکات کە زمانی خۆیان بگرن‌و هەوڵ نەدەن هەرچی ببیسن باسی بکەن‌و دەفەرموێ:

(٨٣) هەرکاتێ ئەوان خەبەرێکیان پێ بگات چ لە بارەی ئاسایشەوە یان لە بارەی ترسەوە بڵاوی دەکەنەوە، وە ئەگەر ئەوان ئەو خەبەرەیان بۆ پێغەمبەرﷺ ببردایەو بۆ لای بەرپرسەکانیان ئەوان دەیانزانی کە چۆن رەفتار بکەن لە گەڵ ئەو خەبەرەدا واتە نەدەبو ئەو قسانە بڵاو بکەنەوە هەتا نەڵێن بە فەرماندەکەی خۆیان جا ئەو فەرماندەیە ئەگەر وتی: ئەو قسەیە بڵاو بکەنەوە یان بڵاوی نەکەنەوە دەبێ بە قسەی بکەن‌و نا بێ سەربەخۆ هەواڵەکان بڵاو بکەنەوە، موسڵمانان دەبێ زاڵ بن بە سەر زمانی خۆیانداو قسە نەدرکێنن بەبێ فرمانی فرماندە، وە ئەگەر فەزڵ‌و رەحمەتی خوا نەبوایە کە ئێوەی هیدایەت داو رێگەی پێشان دان بەراستی ئێوە دەکەوتنە شوین شەیتان مەگەر کۆمەڵێکی کەمتان. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {كَفَى بِالْمَرْءِ كَذِبًا أَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مَا سَمِعَ /مسلم وابوداود /بەسە کە مرۆڤ بە درۆزن دابنرێت کاتێ هەرچی بیست بیگێڕێتەوە} چونکە لە راستی دا هەواڵەکان زۆریان درۆن‌و کابرا دەبێ بە درۆزن. ئینجا خوای گەورەو زانا داوا لە بەندە راست‌و پاکەکەی کە پێغەمبەریەتیﷺ دەکات کە راستەو خۆ دەست بکات بە شەڕو دەفەرموێ:

(٨٤) ئەی محمدﷺ غەزا بکە لە رێگای خوادا کە تۆ داوای هیچ خەرجی‌و کەرەسەی غەزات لێ ناکرێت مەگەر بۆخۆت‌و تەنها ئەرکی خۆتت لەسەرە، وە موسڵمانان هان بدە لە سەر غەزا نزیکە خوای گەورە شەڕی ئەو کەسانەی کە کافرو بێ باوڕن لایدات لێت، وە خوای گەورە زۆر زۆر بەهێزە لە بارەی شەڕەوەو ترسی لە کەس نیەو زۆر بەهێزە لە تۆڵە سەندنەوەدا. واتە تۆ ئەگەر خۆت ئامادەی غەزاکردو موسڵمانانت هەڵنا بۆغەزا زۆر نزیکە کافران لە شەڕ بوستن چونکە دەترسن‌و خۆدوور ئەگرن‌و تەماع ناکەنە سەروەت‌و سامانی موسڵمانان هەر بۆیە خوای گەورە داوا دەکات کە لە بەرامبەری ستەمکارەوە بوستن، چونکە ئەگەر بەرامبەری نەوەستن زاڵم رەحمتان پێ ناکات، ئەو دنیای دەوێت کاتێ دی کە موسڵمانان هۆشیارن ئەویش لە ترسا دەکشێتەوە واتە شەڕ کردن لە ئیسلامدا بۆنەمانی شەڕە ئەگینا شەڕ خۆی مەبەست نیە مەبەستی ئیسلام گەیاندنی ئەو ئاینەی خوایە بە خەڵکی‌و دابین کردنی ئاسایشە، جا هەر کەسێك رێگا لەیەکێك لەو دوانە بگرێت شەڕی لە گەڵدا دەکرێت‌و نابی موسڵمان لەو بێ باوەڕو خراپە کارانە بترسن. بزانە فرماندەی موسڵمانان پێشەکی هەرتەکلیفی دابین کردنی ژیانی خۆی لێ دەکرێت. پێویستە فرماندە خەڵك هەڵ بنێت بۆجیهاد نەك وەکو مردوەکانی ئەمرۆ رەفتار بکات‌و ماوە نەدات کەس باسی جیهاد بکات چونکە ئاغاکانیان لێیان عاجز دەبن‌و تەنانەت ماوەی خوێندنەوەی پەڕاوە جیهادیە کانیش بە پەیڕەوانیان نادەن. نازانم ئەوان باشتر دەزانن یان خوا کە دەفەرموێ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ حَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَى ٱلْقِتَالِ ﴾ الأنفال: ٦٥: باوەڕداران هەڵ بنێن بۆغەزا ﴾؟!! دەی بیر بکەنەوە ئەی خاوەن باوەڕان پێش ئەوەی کە رۆژێ بێت کە بیر کردنەوەی سودی نەبیت‌و بڵێن: ﴿ئەی پەروەردگارمان بەراستی ئێمە بە گوێی سەرۆکەکانمان‌و گەورەکانمان کرد ئەوانیش ئێمەیان گومڕاه کرد﴾ الاحزاب :٦٧. ئەوە بو پێغەمبەری ئازیزمان ﷺلە کاتی غەزای بەدردا کە خەریکی رێك کردنی ریزی موسڵمانان بوو فەرموی: {قُومُوا إِلَى جَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالْأَرْضُ /مسلم وغیره/هەڵسن شەڕبکەن بۆدەست کەوتنی بەهەشتێك کە پانایيەکەی بە ئەندازەی ئاسمانان‌و زەوییە}. جا ئەمە لە کوێ‌و شاردنەوەی ئایەتە کانی جیهادو پەڕاوەکانی جیهادی لەکوێ؟! ئینجا خوای گەورە باسی تکا کردنمان بۆ دەکات‌و دەفەرموێ:

ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِۗ
وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثٗا ﴿٨٧﴾ ۞ فَمَا لَكُمۡ فِي ٱلۡمُنَٰفِقِينَ
فِئَتَيۡنِ وَٱللَّهُ أَرۡكَسَهُم بِمَا كَسَبُوٓاْۚ أَتُرِيدُونَ أَن تَهۡدُواْ مَنۡ
أَضَلَّ ٱللَّهُۖ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلٗا ﴿٨٨﴾ وَدُّواْ لَوۡ
تَكۡفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ فَتَكُونُونَ سَوَآءٗۖ فَلَا تَتَّخِذُواْ مِنۡهُمۡ أَوۡلِيَآءَ
حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَخُذُوهُمۡ وَٱقۡتُلُوهُمۡ
حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡۖ وَلَا تَتَّخِذُواْ مِنۡهُمۡ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرًا ﴿٨٩﴾
إِلَّا ٱلَّذِينَ يَصِلُونَ إِلَىٰ قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٌ أَوۡ جَآءُوكُمۡ
حَصِرَتۡ صُدُورُهُمۡ أَن يُقَٰتِلُوكُمۡ أَوۡ يُقَٰتِلُواْ قَوۡمَهُمۡۚ وَلَوۡ شَآءَ
ٱللَّهُ لَسَلَّطَهُمۡ عَلَيۡكُمۡ فَلَقَٰتَلُوكُمۡۚ فَإِنِ ٱعۡتَزَلُوكُمۡ فَلَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ
وَأَلۡقَوۡاْ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَمَ فَمَا جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمۡ عَلَيۡهِمۡ سَبِيلٗا ﴿٩٠﴾
سَتَجِدُونَ ءَاخَرِينَ يُرِيدُونَ أَن يَأۡمَنُوكُمۡ وَيَأۡمَنُواْ قَوۡمَهُمۡ كُلَّ
مَا رُدُّوٓاْ إِلَى ٱلۡفِتۡنَةِ أُرۡكِسُواْ فِيهَاۚ فَإِن لَّمۡ يَعۡتَزِلُوكُمۡ وَيُلۡقُوٓاْ إِلَيۡكُمُ
ٱلسَّلَمَ وَيَكُفُّوٓاْ أَيۡدِيَهُمۡ فَخُذُوهُمۡ وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ
ثَقِفۡتُمُوهُمۡۚ وَأُوْلَٰٓئِكُمۡ جَعَلۡنَا لَكُمۡ عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٗا مُّبِينٗا ﴿٩١﴾

﴿٨٥﴾ هەر کەسێك شەفاعەتی چاك بکات بەشێکی چاك بۆ ئەو هەیە و پاداشتی پێ دەدرێتەوە لە سەر ئەو ئیشە چاکەی کە دەیکات. وە هەر کەسێك شەفاعەتێکی خراپ بکات بۆ ئەویش بەشێکی تاوان هەیە وەك کابرای تاوانکار، وە بەراستی خوای گەورە حافیزو نیگەهبانە بە سەر هەمو شتێکداو هیچ شتێکی لێ ون نابێتو ئاگادارە کە ئەو پاڵپشتی وشەفاعەتانە کامیان راستەو لە بەر خوایەو کامیشیان ناراستەو دژی ئایینی خوایە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {اشْفَعُوا تُؤْجَرُوا وَيَقْضِي اللَّهُ عَلَى لِسَانِ نَبِيِّهِ ﷺ مَا شَاءَ /متفق عليه /پاڵپشتیو شەفاعەت بکەن پاداشتتان دەست دەکەوێت ، وە خوا ئەوەی کە ئارەزۆی لێ بێت بە زمانی پێغەمبەرەکەیداﷺ دەی هێنێت} ئینجا خوای گەورە موسڵمانان فێری رەوشتێکی تر دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٨٦﴾ ئەوسا هەر کاتێك سەلامتان لێ کرا وەڵامی ئەو سەلامە بدەنەوە بە باشتر لە خۆی یان وەکو خۆی بە بێگومان کە ألله موحاسبە چیەو ئاگای لە هەمو شتێکەو حیساب لە سەر هەمو شتێك دەکات. واتە ئەگەر کەسێك پێی وتی: (السلام علیکم) بڵێ: (وعلیکم السلام ورحمة الله)کە ئەمە باشترە یان وەکو خۆی بڵێ(وعلیکم السلام)وە ئەگەر وترا:(السلام علیکم ورحمه الله) تۆیش یان وەکو خۆی وەڵامی بدەرەوە یان باشتر کە(وبرکاته)ی بۆ زیاد بکەی وە ئەگەر ئەو وتی: (السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته) باش وایە شتێکی تر زیاد نەکەن لە وەڵامەکەیدا وەك خۆی بڵێن، وە هەر وشەیەك لەوانە خێرێکی زیاتری هەیە واتە کە بڵێی: السلام علیك خێری دە چاکەیە وە ئەگەر وتت: السلام علیکم ورحمە الله بیست چاکەیە وە ئەگەر وتت: السلام علیکم ورحمە الله وبرکاتە خێری سی چاکەی هەیە وە ئەم سەلام کردنە هۆی خۆشەویستیە لە نێوان موسڵمانان دا و بەم سەلام کردنە سابت دەبێت کە ئەو مرۆڤە ئیماندارەو ئیمانیش دەیباتە بەهەشت. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا أَوَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ /مسلم وغيره/ ئێوە ناچنەبهەشتەوە هەتا ئیمان نەهێننو ئیمانتان نیە هەتا یەکترتان خۆش نەوێت ئایا دەتانەوێت کە کەلیمەیەکتان پێ پیشان بدەم کە ئەو کەلیمەیە ببێتە هۆی ئیمان زیاد بوون بۆ ئێوەو ببێت بە هۆی خۆشەویستی؟ زۆر سەلام بکەن لە نێوان خۆتاندا} جا لە بەر ئەوە دەڵێن کە یارەکانی پێغەمبەرﷺ کە ئەیان دا بە لای درەختێکا یەکێکیان لەم دیوەو یەکێکیان لەو دیوە دەچوون کە بە یەك دەگەیشتن دەیان وت: السلام علیکم. لە بەر ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەرﷺ کەوا بو وەڵام دانەوەی سەلام وەك خۆی واجبە و بەباشتر لەخۆی شتێکی چاکە. ئینجا خوای دانا توانایی خۆیمان پێ دەناسێنێتو سوێند دەخوات کە رۆژی قیامەت دێتو هەموو کۆ دەکرێنەوەو دەفەرموێ:

﴿٨٧﴾ خوا ئەو زاتەیە کە هیچ پەرەستراوێکی راستەقینە نیە بێجگە لەخۆی، سوێند بێ ، کۆتان دەکاتەوە لە رۆژی قیامەتدا کە هیچ گومانی تێدا نیەوئەمەقسەی ألله یە جا کێ هەیە لە قسەدا راستگۆتر بێت لە ألله؟.

﴿٨٨﴾ پێشەکی با هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە بزانین، دەڵێن کاتێك کە پێغەمبەرﷺ تەشریفی برد بۆ غەزای ئوحود، لە رێگادا عەبدوڵا ی کوڕی ئۆبەی کە گەورەی موناڤقان بوو گەڕایەوەو سێ سەد کەسیشی لە گەل خۆی گەڕاندەوە. واتە هەزار نەفەر ئامادە بوون بۆ شەڕی ئوحود، بەڵام ئەو کاتە کە گەرایەوە سێ یەکی گەراندەوەو پێغەمبەرﷺ حەوت سەدکەسی لە گەل دا مایەوە جا ئەوانەی کە چوونە جیهادەکەوە قسەیان لە بارەی ئەم گەڕاوانەوە دەکرد هەندێك دەیان وت: ئەوانە کافرن وە هەندێك دەیان وت: موسڵمانن. قورئان دابەزی فەرموی: جائەوە بۆ ئێوە لە بارەی موناڤقانەوە دوو بەشنو

دوو قسەتان هەیە لەحالێکدا خوای گەورە ئەوانی شکەست پێداوەو بە هیلاکی بردون بە هۆی ئەو کردارە خراپانەیان کە کردویانەو گەڕاونەتەوە ئایا دەتانەوێت کەسێك کە خوا گومڕای کردوە هیدایەتی بدەن؟ وەئەو کەسەی کە خوا گومڕای بکات ئیتر ڕێگای تر نابینی بۆ هیدایەتی ئەو. بەراستی ئەوانە بە بۆنەی کاری نالەباری خۆیانەوە گومڕا بوون.

(٨٩) ئەوانە ئاوات دەخوازن کە ئێوە کافربن وەك چون ئەوان کافرن ئەوسا وەك یەك دبن جا هەرگیز لەوان تا کۆچ نەکەن لە ڕێگای خوادا دۆست بۆخۆتان نەگرن خۆئەگەر پشتیان هەڵچەرخان لەم ئایینە ئەوسا بیانگرنو بیانکوژن لە هەر کوێدا دەستتان کەوتنو هەرگیز لە ناو ئەواندا کەسیان بەدۆستو یارمەتیدەرو چاو ساغی خۆتان پەسەند نەکەن.

(٩٠) مەگەر ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان بەگەلێکەوە هەبێتو ئێوە لە گەڵ ئەو گەلەدا پەیمانی بتەوتان هەبێت یان مەگەر لە گەل کۆمەڵێك کە دێن بۆلای ئێوە کەدوودڵن نایانە وێ لەگەل خزمانی خۆیاندا شەڕتان لە گەلدا بکەن یان لەگەل ئێوەدا شەڕ لەدژی خزمانی خویاندا بکەن، خۆ ئەگەر خوای گەورە ئارەزۆی لێبێت ئەوانە زاڵ دەکات بە سەر ئێوەدا ئەوسا شەڕتان لە گەلدا دەکەن کەوابوو ئەگەر ئەوان دورەپەرێزیو کەنارەگیریان کردو شەڕیان لە گەلدا نەکردنو ڕێبازی ئاشتەواییان گرتەبەرو پێشنیاری سوڵحیان دا ئەوسا ئیتر ﷲ بۆ ئێوە هیچ ڕێگایەکی تری دژ بەئەوان دانەناوە. هیچ ڕێگایەکی تر نیە نە بە ئاشکراو نە بە فرو فێڵ، بەڵکو ئیسلام ئەوە بە شتێکی حەرام دەزانێت، ئاوا دەرکەوت کە ئیسلام ئاینی شەڕ نیە بەڵکو دینی ئاشتیە ئەوەتە ئەگەر کابرای کافر وتی: شەڕ ناکەم کابرای موسڵمان بۆی نیە شەڕ بکات. ئەوەیە ئاینی ئیسلامو ئاوەها بێباوەڕان دەپارێزێو بە خێویان دەکات، بەڵام دەبینین کە بێباوەڕان کاتێ حوکم دەگرنە دەست بە هەزاران موسڵمان دەگرنو شەهیدیان دەکەن.

هەر لە ئەلبانیا بە یەك ڕۆژ یەك هەزار مزگەوتیان تێك دا جا گوناهی مزگەوت چی بوو؟ ئاشکرایە کە ئیسلام پەیڕەوانی خۆی سەر شۆڕ ناکات کاتێ کە بزانێ دوژمنانی ڕاست ناکەن لە خۆپاراستن لە شەڕ دەفەرموێ:

(٩١) کۆمەڵێکی تر تان دەستدەکەوێت کە دەیانەوێت ئێوە ئێمن کەنەوەو دڵنیاتان بکەن کە ئەوان نە ئیشی خراپ دەکەن و نە نیەتی خراپیان لە گەل ئێوەدا هەیە، وە گەلەکەی خۆیشیان

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَـًٔا ۚ وَمَن قَتَلَ
مُؤْمِنًا خَطَـًٔا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ
أَهْلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُوا۟ ۚ فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ
وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ۖ وَإِن كَانَ
مِن قَوْمٍۭ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَـٰقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ
إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ
فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَكَانَ
ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٩٢﴾ وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا
مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَـٰلِدًا فِيهَا وَغَضِبَ
ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمًا ﴿٩٣﴾ يَـٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُوا۟ وَلَا تَقُولُوا۟
لِمَنْ أَلْقَىٰٓ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَـٰمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ
عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ ۚ
كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبْلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ
فَتَبَيَّنُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿٩٤﴾

ئێمن دەکەنەوەو دەڵێن: نەچنە لای ئەوانو ئیشی ئێمە ئاشکرا بکەن با نەمان ناسن ئێمە لەگەڵ ئێوەداین، ئەمانە هەر کاتێك کە بانگیان بکەنەوە بۆ شیركو بت پەرستی دووبارە دەڕۆنەوە سەر وەزعەکەی خۆیانو موشریك دەبنەوەو بەڵاو موسیبەت دروست دەکەن بۆموسڵمانان ، جا ئەگەر ئەوان دورە پەرێزیان نەکرد لێتانو وازیان لێ نەهێنانو دەستی ئاشتەوایو سوڵحیان بۆ درێژ نەکردنو دەستی خۆیان نەگرتەوە لە شەڕو ئاژەوا دژ بە ئێوە دەی ئێوەش لە هەر کوێدا پەیداتان کردن بیانگرنو بیان کوژن، بە ئێوە دەسەڵاتێکی گەورەی ئاشکرامان داوە لە دژی ئەوان. واتە بۆ ئێوە هەیە لە دژی ئەوان هەر حوکمێك کە پێتان چاك بێت بیکەن لە گرتنو لە گوشتنو لە دەرکردن، چونکە خۆیان هۆی ئەو ڕۆژ ڕەشیو زەلیلیو سەر شۆڕیەن،

لەم چەند ئایەتەدا شێوازی هەڵسوکەوت لەبارەی بێباوەڕان بەتایبەت دووروەکانە باسکرا جا کران بە سێ بەشەوە: بەشی یەکەم ئەوانەن کە هاوپەیمانن لەگەلەل گەلێکدا کە لە گەل موسلماناندا پەیمانی ئاشتەوایان لە بەینیاندا هەیە ئەم بەشە شەڕیان لەگەڵدا ناکرێتو وەك گەلە هاوپەیمانەکەیان حیسابیان بۆ دەکرێت،

بەشی دووهەم ئەوانەن کە نە دەیانەوێت لەگەڵ بێباوەڕاندا بنو دژ بە موسڵمانان شەڕ بکەن، وە نە دەیانەوێت لەگەڵ

موسڵماناندا بن‌و دژ بە بێباوەڕان شەر بکەن، لەگەڵ ئەمانەشدا شەڕناکرێت چونکە ئەگەر ئەمانە ناچار بن شەڕ بکەن یان ئەوەتە لەگەڵ موسڵماناندا دەبن کە ئەمەش زۆر دورە یان ئەوەتە لە گەڵ بێباوەڕان دا دەبن جا دەبن بە هۆی زاڵبونیان بە سەر موسڵماندا، وە بەشی سێهەمیش ئەوانەن بە هۆی ترسەوە هەڵویستێکی دووروانە دەنوێنن جا ئەمانەش ئەگەر دەست درێژی نەکەنەسەر موسڵمانان‌و وازیان لێ بهێنن ئەوا ئەوانیش شەڕیان لەگەڵدا ناکرێت. پاشان هەر بەبۆنەی کوشتنەوە باسی جۆرێکی تر لەکوشتن دەکات‌و دەفەرموێ:

(٩٢) بۆ هیچ ئیماندارێك نیە کە ئیماندارێك بکوژێت مەگەر بە هەڵە، وە هەر کەسێك خاوەن باوەڕێك بکوژێت بە هەڵە جا ئەوە دەبێت بەندەیەکی موسڵمان ئازاد بکات‌و دەبێ نرخی خوێنێك تەسلیمی ئەهلی کابرای کوژراو بکات مەگەر خۆیان عەفوی بکەن‌و لێ نەستێنن جا ئەگەر ئەو کابرایە لە گەلێك بو دوژمنتان بوون بەڵام ئەو کوژراوە باوەڕدار بو ئەوە تەنها بەندەیەك ئازاد دەکرێت‌و هیچی تر، خوێن نادرێت بەو گەلە دوژمنە ئەگەر لە نێوان ئەودوژمنەو موسڵماناندا هیچ عەهدو پەیمانێك نەبو، وە ئەگەر گەلێك بو کە لە بەینی ئێوەو ئەو گەلەدا عەهدو پەیمانێك هەبو جائەمە پێویستە خوێنێك تەسلیم بکرێت بەوان‌و دە بێ بەندەیەکی ئیمانداریش ئازاد بکات، جا کەسێك کەئەمانەی دەست نەکەوت دەبێ دوو مانگ بەسەر یەکەوە رۆژوو بگرێت‌و دەبێ بەراستیش لەلای خوا تەوبە بکات لەو تاوانە کە کردویەتی، وە خوا زانەرەو ئیشەکانی بە حیکمەتە.. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ النَّفْسُ بِالنَّفْسِ وَالثَّيِّبُ الزَّانِي وَالْمَارِقُ مِنْ الدِّينِ التَّارِكُ لِلْجَمَاعَةِ /متفق عليه/ حەرامە رشتنی خوێنی مرۆڤێکی موسڵمان کە شایەتمانی هێنا بێ بە خواو بە پێغەمبەر ﷺ مەگەر بە یەکێ لەم سێ هۆیانە یەکەم_گیان لەباتی گیان دا واتە کەسێ بە ناحەق کەسێك بکوژێت دەکوژرێتەوە. دووهەم ـ کەسێ بە نیکاحی حەڵاڵ جیماعی کردبێت پیاوبێت یان ئافرەت ئەگەر زینای کرد دەکوژرێتەوە. سێهەم ـ ئەو کەسەی پاش گەز ببێتەوە لە ئاین‌و جیاببێتەوە لە کۆمەڵی موسڵمانان.

ئینجا سەبارەت بەو کەسەی کە موسڵمانێك بە بڕیارو بەقەسدی بکوژێت دەفەرموێ:

(٩٣) هەر کەسێك باوەڕدارێك بە دەستی ئەنقەست بکوژێت ئەوە تۆڵەکەی جەهەنمە بۆ هەمیشە کەتێیدا دەمێنێتەوەو خوا رقیەتی لێی‌و نەفرینی دەکات‌و سزایەکی زۆر گەورەی بۆ داناوە،

جا ئەگەر ئەم کوشتنە بە حەڵاڵ بزانێت ئەوە کافرەو سزاکەی جەهەنمە بۆ هەمیشە بەڵام ئەگەر بە حەڵاڵی نەزانێت‌و تەوبە نەکات ئەوە ماوەیەکی زۆر لە جەهەنمدا دەمێنێتەوە هەروەکو پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: {لَو أنَّ أهلَ السَّمواتِ وَ الأرضِ اجتَمَعُوا عَلَى قَتلِ مُسلِمٍ ؛ لَأكَبَّهُمُ اللهُ جَمِيعاً عَلَى وجوهِهِم في النَّارِ/الطبراني، صححه الالباني/ ئەگەر هاتو ئەهلی ئاسمانان‌و زەوی (دیارە ئەهلی ئاسمانان مەلائیکەن) هەمویان کۆببنەوە لە سەر ئەوەی یەك ئیماندار بکوژن بە ناحەق خوای گەورە هەمویان دەخاتە ناو ئاگری جەهەنمەوە}

وە ودیسان دەفەرموێ: {قَتْلُ الْمُؤْمِنِ أَعْظَمُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ زَوَالِ الدُّنْيَا /النسائي، صححه الالباني/ کوشتنی باوەڕدار گەورەترە لە لابردنی هەمو دنیا} کوشتنی موسڵمان بەناحەق ئەوندە تاوانێکی گەورەیە کە پێغەمبەری خوا لە گەڵ هاوبەشی دانان بۆخوا ناوی دەبات‌و دەفەرموێ: {كلُّ ذنبٍ عَسَى اللهُ يَغفِرُهُ، إلَّا مَنْ ماتَ مُشرِكًا، أوْ قَتَلَ مُؤمنًا مُتَعَمِّدًا / البزار، صححه الالباني/ هەمو تاوانێك نزیکە کە الله لێیخۆش بێت جگە لەو کەسەی کە بە موشریکی مردبێت یان ئەو کەسەی باوەڕدارێکی بە ئەنقەست کوشتبێت}

(٩٤) ئەی خاوەن باوەڕان هەر کاتێك کە دەرچون بۆ جیهاد لە رێگای خوادا ئەوسا چاك شت رۆشن بکەنەوە هەر لە خۆتانەوە خەڵك نەکوژن‌و هەر کەسێك کە پێتان گەیشت‌و وتی: من موسڵمانم پێی نەڵێن نەخێر موسڵمان نیت، ئایا ئێوە کەل‌وپەلێکی دنیاییتان دەوێت؟ ئێوە ئەگەر کەل‌وپەل‌وسامانی دنیاییتان دەوێت ئەوسا لەلای خوا غەنیمەتی زۆر هەیە ئێوەش لە پێشەوە هەر ئاوەها بێ دین بوون جا خوا منەتی خستە سەرتان‌و بوون بە موسڵمان کەوا بو جوان شت رۆشن بکەنەوە، هەر لە خۆتانەوە خەڵك نەکوژن بە بێگومان الله بەوەی کە ئێوە دەیکەن ئاگادارە. هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە دەڵێن جارێك کابرایەکی بەنی سولەیم دای بە لای هەندێ لە یارەکانی پێغەمبەرداﷺ هەندێ مەڕو ماڵاتی پێ بوو سەلامی لێ کردن ئەوانیش وتیان: بۆیە سەلامی کردوە تا وازی لێ بهێنین لێیان داو کوشتیان‌و مەڕو ماڵاتەکەیان هێنا بۆ خزمەتی

لَّا يَسْتَوِي ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَٰهِدُونَ
فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْۚ فَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَٰهِدِينَ بِأَمْوَٰلِهِمْ
وَأَنفُسِهِمْ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ دَرَجَةًۚ وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰۚ وَفَضَّلَ ٱللَّهُ
ٱلْمُجَٰهِدِينَ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٩٥﴾ دَرَجَٰتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً
وَرَحْمَةًۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٩٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ
ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمْ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمْۖ قَالُواْ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي ٱلْأَرْضِۚ
قَالُوٓاْ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُواْ فِيهَاۚ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ
جَهَنَّمُۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٩٧﴾ إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ
وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا ﴿٩٨﴾
فَأُوْلَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٩٩﴾
۞ وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدْ فِي ٱلْأَرْضِ مُرَٰغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةًۚ
وَمَن يَخْرُجْ مِنۢ بَيْتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدْرِكْهُ ٱلْمَوْتُ
فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٠٠﴾ وَإِذَا ضَرَبْتُمْ
فِي ٱلْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ ٱلصَّلَوٰةِ إِنْ خِفْتُمْ
أَن يَفْتِنَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْۚ إِنَّ ٱلْكَٰفِرِينَ كَانُواْ لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا ﴿١٠١﴾

پێغەمبەرﷺو ئەم ئایەتە دابەزی. بەم شێوەیە خوا هەڕەشەی لێ کردنو ترساندنی لەوەی کە جارێکی تر شتی ئاوەها بکەن تەماشا کەن خوای گەورەو میهرەبان چۆن تێمان دەگەیەنێتو چۆن بۆمان ڕۆشن دەکاتەوە کە نەکەن غەزا لەبەر ماڵی دنیا یان ڕقو تۆڵە سەندنەوە بێت بەڵکودەبێ تەنها لە بەر خاتری خوا بێو بە ئەمری ئەو بێ، جا کە باسی کەفارەتی خوێن کوشتنی کرد نەك موجاهیدان سارد ببنەوە لە جیهادو دانیشنو هەروەها ئەوانەش کە دەرنەچون بۆ جیهاد ئەم هەڵانەی کە لە موجاهیدانەوە رودەدات بیکەن بەبەڵگەو بڵێن: دانیشتنی ئێمە باشتر بو لەو جیهادەی ئێوە ، بۆیە باسی پلەی موجاهیدمان بۆ دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٩٥﴾ هەرگیز دانیشتوانی باوەڕدار بێجگە لەوانەی کەوا دوچاری زیان بوون وەك کوێرو شەلو نەخۆش، وەنەوانەی کەجیهاد دەکەن لە ڕێگای خوادا بە نەفسو ماڵی خۆیان وەکو یەك نینو لە لای خواو پلەیان وەك یەك نیەبەڵکو خوای گەورە ئەو کەسانەی کە جیهاد دەکەن بە ماڵو گیانیان چەند پلەی زیاتری پێداون لەوانەی کە دانیشتوون، بەڵام خوا بە هەموویان بەڵێنی بەهەشتی داوە. مادام هەر باوەڕ دار بێت با داشبنیشێت لە ماڵەوە، بەڵام بۆ شەهیدان سەد پلە هەیە نێوانی هەر کامیان وەکو نێوان ئاسمان وزەوی وایەو خوای گەورە زیادەی داوە بە جیهاد کەران بە سەر دانیشتوەکاندا بە پاداشتێکی زۆر گەورە ، وە ئەو پاداشەش بریتیە لە:

﴿٩٦﴾ چەند پلەی بەرز لە لایەن خواوەو لێخۆشبونی خوا لە تاوانەکانیانو سۆزی خوا بۆیان، وەخوا لێخۆشبوو میهرەبانە بەرامبەر بە ئیمانداران. کاتێك کە ئەم ئایەتە واتە ﴿لَّا يَسْتَوِي ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ...﴾ دابەزی﴿ غَيْرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ ﴾ تێدا نەبوو، عەبدوڵا ی کوڕی ئومی مەکتوم کە کوێر بو وتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئەی ئەوانەی کە ناتوانن جیهاد بکەن وەکو کوێرو وێنەکانی؟ زەید دەڵێ: بە خوا سوێندە دەخۆم قسەکەی تەواو نەبوو یان هەر ئەوەندەی پێچوو کە قسەکەی تەواو بوو وەحی بۆ پێغەمبەرﷺ دابەزیو فەرموی:﴿ غَيْرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ ﴾ واتە بێجگە لەو باوەڕدارانەی کەوا تووشی زیان بوون بۆ ئەوانەش هەر حیسابی گەورەیان بۆ دەکرێت بە گوێرەی نیەتی خۆیان﴾ هەر لەم مانادا پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ بِالْمَدِینَةِ لَأَقْوَامًا مَا سِرْتُمْ مِنْ مَسِیرٍ، وَلاَ قَطَعْتُمْ وَادِیًا إِلاَّ کَانُوا مَعَکُمْ قَالُوا وَهُمْ الْیَوْمَ بِالْمَدِینَةِ قَالَ : نَعَمْ حَبَسَهُمُ الْعُذْرُ /متفق علیه/ کۆمەڵێك لە مەدینەدا هەن ئێوە هیچ هەنگاوێکتان نەناوەو هیچ شیوێکتان نەبڕیوە مەگەر ئەوانیش لە گەڵتاندا بوون، وتیان: خۆ ئەوان ئیستا لەمەدینەش دانیشتوونو نەهاتونە دەرەوە بۆ جیهاد؟ فەرموی: بەڵێ، عوز ڕێگری کردوون کە بێن لەگەڵماندا}

﴿٩٧﴾ بەبێشك ئەوانەی کە زوڵمیان کردوە لە نەفسی خۆیان کە کۆچیا نەکردوە لە ڕێگەی خواداو نەچونەتە خزمەتی پێغەمبەرﷺ مەبەست لێرە ئەو موسڵمانانە بوون کە لە مەکەدا مانەوەو کۆچیان نەکرد، بەڵام ئایەتەکە گشتیە بۆ هەموکاتو ساتێکە کەموسڵمان لە جێگای خۆیدا نەتوانێت بە ئازادانە بانگەوازی ئایین بکات. جا ئەمانە مەلایکە لە کاتی سەرە مەرگ داو لە ڕۆژی دوایدا پێیان دەڵێن ئێوە لە کوێ بوون؟ دەڵێن: ئێمە مرۆڤانی لاوازو بێ دەسەڵات بووین لە سەر زەویدا، پێیان دەڵێن: ئایا ئەو زەویەی خوا فراوان نەبو کە کۆچی تێدا بکەن بۆ دانیشتوون لەو جێگادا کە ستەمتان لێ بکەن؟ چونکە ئەوەی کە ئەبێت بە هۆی زاڵ بونی ستەمکار بە سەرمرۆڤدا یان مەقامە یان سەرمایەیە یان عەشرەتو ماڵو مناڵە کابرا دەڵێ چۆن عەشرەتەکەم بە جێ بهێڵم؟ چۆن خێزانو ماڵم بە جێ

وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ
مِّنْهُم مَّعَكَ وَلْيَأْخُذُوٓا۟ أَسْلِحَتَهُمْ فَإِذَا سَجَدُوا۟ فَلْيَكُونُوا۟
مِن وَرَآئِكُمْ وَلْتَأْتِ طَآئِفَةٌ أُخْرَىٰ لَمْ يُصَلُّوا۟
فَلْيُصَلُّوا۟ مَعَكَ وَلْيَأْخُذُوا۟ حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ ۗ وَدَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ
عَلَيْكُم مَّيْلَةً وَٰحِدَةً ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن كَانَ بِكُمْ
أَذًى مِّن مَّطَرٍ أَوْ كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَن تَضَعُوٓا۟ أَسْلِحَتَكُمْ ۖ
وَخُذُوا۟ حِذْرَكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا (١٠٢)
فَإِذَا قَضَيْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ
جُنُوبِكُمْ ۚ فَإِذَا ٱطْمَأْنَنتُمْ فَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ۚ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ
كَانَتْ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ كِتَٰبًا مَّوْقُوتًا (١٠٣) وَلَا تَهِنُوا۟
فِى ٱبْتِغَآءِ ٱلْقَوْمِ ۖ إِن تَكُونُوا۟ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا
تَأْلَمُونَ ۖ وَتَرْجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا
حَكِيمًا (١٠٤) إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ
ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُ ۚ وَلَا تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيمًا (١٠٥)

بهێڵم؟ جا خواش دەفەرموێ: سامادام ئەوانە کۆچیان نەکردوە شوێنیان جهەننمەو پیسترین جێگەیە جهەننم. کەسانێك کە کۆچ ناکەن لە ڕێگای خواداوگوێ نادەن بە جیهاد، بەڵام دەڵێن ئیمانداریـن، نوێژ دەکەنو ڕۆژو دەگرنو هیچی تر ناکەن ئەمانە خوا ئاوەها حیسابیان بۆ دەکات جا حیسابی ئەوانە چۆنە کە نەك خۆیان بۆی هەڵناسن بەڵکو خەڵکیش لە جیهادو هیجرت سارد دەکەنەوە؟! سا با هەر موسڵمانێك تەماشای خۆی بکاتو خۆی لێکۆڵینەوەیەك لەگەل خۆیدا بکات ئەوە ئایینەو قیامەتەو هەرکەس بۆخۆیەتی. لێرەدا کەباسی کۆچ کردنی کرد ئەمانە جیا دەکاتەوە لەو سزایەو دەفەرموێ:

(٩٨) بیجگە لەو لاوازانە لە پیاوانو ژنانو منالآنێك کە هیچ فرو فێڵێك نەدۆزنەوە بۆ خۆ دەرباز کردنو ڕێگایەکیش نەدۆزنەوە کە خۆیان ڕزگار بکەن.

(٩٩) جا ئائەمانە نزیکە خوا لێیان خۆش ببێت، وە خوا چاوپۆشیکەرو لێخۆشبوە بۆ موسڵمانان. کە باسی کۆچ کردنی کردو داوای کرد کە کۆچ بکەن ئەگەر نەیان کرد ئەو سزا گەورەیان بۆ هەیە ئەی ئەگەر کۆچ بکەن پاداشەکانیان چۆنە؟ دەفەرموێ:

(١٠٠) وە ئەو کەسەی کە کۆچ دەکاتو دەردەچێت لە ماڵی خۆی لە بەر خاتری خوا لە زەویدا جێگای زۆری دەست دەکەوێت چ لە بارەی ڕۆزیەوە چ لە بارەی جێگاوە، وە ئەگەر کەسێك دەرچوو لە ماڵی خۆیدا لەکاتێکدا کۆچەکەی بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەیەﷺ وە تەنها بۆ بەرز کرردنەوەی دینەکەی خوا هیجرەت دەکات، لەپاشان مرد پێش ئەوەی بگات بەو شوێنە کە مەبەستی هەبووە بەراستی ئەوە پاداشتی لای خوای خۆی مسۆگەر کردوەو ٱللَّه لێبوردەیە لە گوناهەکانو بە سۆزیشە بەرامبەر بە ئیمانداران. وتراوە هۆی دابەزینی ئەم ئایەتانە " زەمرەی کوڕی جوندوب بووە، ئەم پیاوە لە مەکە توشی نەخۆشی بو جا ترسا کە بمرێتو نەتوانێت ئەو هیجرەتەی کە فرمانی پێکراوە بەجێی بهێنێتو پاداشتەکەیشی لە دەست بچوێت جا داوای کرد کە بیبەن بۆ مەدینە بەڵام پێش گەیشتن بە مەدینە لە ڕێدا مرد جا بێباوەڕانیش گاڵتەیان پێدەکردوو دەیان وت: ئەوەی کەویستی پێی نەگەیشت، جا ئەم ئایەتانە دابەزین، ئاشکرایە دەرچوون بۆ بەرز کردنەوەی ئایینی خوا هەر وا شتێکی ئاسان نیە بەڵکو سەدان کۆسپو تەگەرە دێنە ڕێگایو لە چەندین لاوە مەترسی ڕوی تێدەکات تەنانەت هەندێ جار ناتوانێت فەرزێکی وەك نوێژ بە ئاسودەییو بەئیسراحەت ئەنجام بدات لە بەر ئەوە خوای زاناو دانا چونیەتیو چەندیەتی ئەو نوێژانەمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(١٠١) ئەگەر چوون بۆ سەفەر جا بۆ جیهاد بێت یان بۆ کەسابەتی حەڵاڵ هیچ تاوانێك نیە کە ئێوە نوێژەکانتان کورت بکەنەوە ئەگەر ترسان کافران دوچاری بەڵاتان بکەن، ئەم فتنەیە لێرەدا بە مانای سەختیو بەڵایە، بەراستی بزانن کە کافران بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکران. واتە مرۆڤ دەتوانێت لە سەفەردا نوێژەکانی کورت بکاتەوە لە فەرمودەی پێغەمبەرماندا ﷺ هاتوەکە نوێژی چوار ڕکاتی دەکرێت بە دوو ڕکات، بەڵام نوێژەکانی بەیانیو مەغریب کورت ناکرێنەوە ئەم ئایەتە هەم بۆ کورت کردنەوی نوێژەکانەو هەم بۆ چۆن کردنی نوێژەکانە کە بۆ دووهەمیان زیاتر سازگارە، ئینجا ئەگەر لە گەرمەی شەڕا بوون دەبێ بەم شێوەیە نوێژەکانتان بکەن کە دەفەرموێ:

(١٠٢) وە ئەگەرتۆ لە ناو ئەواندا بووی ئەی محمدﷺ، دیارە لە پاش پێغەمبەرﷺ هەر ئیمامو فرماندەیەك هەبێت لە شەڕەکاندا پێویستە ئاوەها بکات جاکە هەستای بۆ ئەوەی کە

نوێژیان بۆ بکەیت با کۆمەڵێك لەوان لە گەل تۆدا بوەستێت بۆ نوێژو با چەکی خۆیان پێ بێت جا هەر کاتێك کە ئەوان چوون بۆ سوجدە با ئەوانەی کە لەپاشەوەن بە پێوە بوەستن بۆ پاسەوانی یان با لەسەنگەردا بمێننەوەو بێ ئاگا نەبن لە دوژمن، وە هەر کاتێ ئەوان هەستانەوە یان تەواویان کرد، ئەو تائیفەیەی کە نوێژیان نەکردوە با بێن لە گەل تۆدا نوێژ بکەن‌و ئەمجارە ئەمانە دەبێ زۆر وریا بن‌و چەکی خۆیان پێ بێت چونکە بەراستی کافران ئاوات دەخوازن کە ئێوە نەختێك بێ ئاگا ببن لە چەکەکانتان ولە کەل‌و پەلەکانتان جا ئەو کاتە ئەوان هێرشێکی کوت‌و پڕتان بکەنە سەر جا لە بەر ئەوە دەبێ هەم وریا بن، وە هەم دەبێ چەکەکانتان پێ بێ، ئینجا سەبارەت بەو موسڵمانانەی کە چەکەکانیان هەلگرتوە ئەگەر بەو چەك هەلگرتنە تووشی ئازار دەبوون ئیتر چ بە هۆی بارانەوە بێت یان بە هۆی نەخۆشیەوە بێت دەفەرموێ: تاوانتان لەسەرنیە ئەگەر چەکەکانتان دابنێن‌و دەبێ وریای خۆتان بن‌و لەدوژمن بێ ئاگانەبن بە بێگومان کە اللَّهُ ئامادەی کردوە بۆ بێباوەڕان سزایەکی سەرشۆڕکەرو گاڵتە پێکەر. ئەمە شێوەیەك لە شێوەکانی نوێژی کاتی ترسە (صلاة الخوف) جا لە پاش نوێژی کاتی ترس خوا فرمانمان بە سەردا دەدات کە یادی خوا بکەین‌و دەفەرموێ:

(١٠٣) هەر کاتێ نوێژتان تەواو کرد ئیتر ئەو کاتە یادی خوا بکەن بە پێوەو بە دانیشتنەوەو بە سەر تەنیشتەوە واتە هەمیشە، چونکە بەم یاد کردنە زیاتر سۆزی خوا دەجوڵێت سەبارەت بە خوا پەرستان زوتر بە هانایانەوە دێت. وە دەگونجێت هێمایەکیش بێت بۆ یاد کردنی خوا لە پاش هەمو نوێژەکانەوە چ لە کاتی ترسا بێت وەکو ئێرە یان لە کاتی ئیسراحەتا بێت وەکو لە فەرمودەی (صحیح)ی پێغەمبەرمانﷺ دا هاتوە کە لە پاش نوێژەکان سی‌و سێ جار سبحان الله، سی‌و سێ جار الحمدلله، سی‌و سێ جار الله اکبر وە جارێکیش (لا اله الا الله وحده لا شريك له) وە دەیان زیکری تری دەکرد، ئینجا دەفەرموێ: جا ئەگەر هات‌و ئێوە کەوتنە ئاسایشەوە ئینجا نوێژەکانتان بە رێك وپێکی بکەن چونکە بەراستی نوێژ لە سەر موسڵمانان فەرزێکی کات دیارییە، واتە هەر نوێژێك لە کاتی خۆی دا بکەن، مادام کەوتنە ئیسراحەتەوەو ترستان نەما. هۆی دابەزینی فرمانی نوێژی ترس (صلاة الخوف) ئەبو عەیاش دەڵێ: لە خزمەتی پێغەمبەر دا بوین لە "عوسفان" بت پەرستەکان لە روی قیبلەمانەوە بوون خالیدی کوڕی وەلید سەرپەرستیان بوو پێغەمبەری خوا نوێژی نیوەڕۆی بۆ کردین وتیان: فرسەت بو چونکەئەوان بە شێوەیەك بوون ئێمە ئەمانتوانی بە پەلە بدەین بە سەریانداو لەگیسمان چوو لە پاشان وتیان: ئێستە کاتی نوێژێکی تریان دێت خۆشەویستڕە لە لایان لە کوڕەکانیان‌و لە گیانی خۆیان. ئەبو عەیاش دەڵێ: جبرەئیل دابەزی‌و ئەم ئایەتانەی لە نێوان نوێژی نیوەڕۆو عەسردا هێنا دەڵێ: کاتی نوێژ هات‌و پێغەمبەری خوا فرمانی پێدان کە هەمویان چەك لە شان بکەن‌و ئینجا کردنی بە دوو رێز لە پاش خۆی، وە دەڵێ: پێغەمبەر چوو بۆ رکوع هەمومان چونە رکوع‌و هەڵساوە هەمومان هەڵسانەوە لە پاشان پێغەمبەر ﷺ سوجدەی برد لە گەل ئەو ریزەی کە لە پاشی بوو، ریزدکەی ترپاسەوانیان دا بە پێوە تاکاتێ کە ئەوان سوجدەیان بردو هەستانەوە ئینجانەو ریزەکەی تر دانیشت‌و سوجدەی برد لە جێگای خۆیاندا لە پاش هەستانەوە ریزی دووهەم چوە شوێنی ریزی یەکەم‌و یەکەم هاتە جێگای دووهەم لە پاشان رکوعی بردو هەمویان رکوعیان بردو لە پاشان هەستایەوە لە روکوع‌و هەمویان هەستانەوە لە پاشان پێغەمبەر ﷺ سوجدەی برد لە گەل ئەو ریزەی دوای خۆی‌و ریزی دووهەم پاسەوانیان دا جا لە کاتێکا کە دانیشتن ئەوانی تریش سوجدەیان بردو دانیشتن لە پاشان پێغەمبەرﷺ سەلامی دایەوە لە گەل هەمویاندا، ئینجا ئەبو عەیاش دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم نوێژەی دوو جار کرد جارێکیان لە (عوسفان) وە جارێکی تریش لە (زەوی بەنی سەلیم) ئەبو داودو نەسائی‌و تەبەرانی ریوایەتی ئەم حەدیسەیان کردوە. جارێکی تر خوای گەورە دڵخۆشی موسڵمانان دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٠٤) ئێوە خۆتان لاوازو زەعیف‌و سست پێشان نەدەن بۆ بە دوا چونی ئەو گەلە کافرو ستەم کارانەدا بەڵکو پەلەتر بکەن‌و دڵ‌ودەرون زل بن چونکە ئەگەر ئێوە دوچاری ئازار دەبن خۆبە بێشك ئەوانیش دوچاری ئێش‌و ئازار دەبن وەك چۆن ئێوە ئێش‌و ئازارتان دوچار دەبێت، وە ئێوە ئومێدتان هەیە لەلای خوای گەورە، بەڵام ئەوان ئەو هیواو ئومێدەشیان نیە کەوا بوو ئێوە حەق وایە زیاتر سور بن لە سەر جیهاد ئەگەر ئەوان جارێك هێرش بکەن دەبوایە ئێوە دوو جار هێرشیان بکەن سەر، ئەگەر ئەوان شەوێك نەخەون ئێوە دووشەو نەخەوتنایە، چونکە ئەوان هیچ پاداشتیان نیە بەڵام ئێوە پاداشتی گەورەشتان هەیە، وە خوای گەورە زانەرە وە ئیشەکانیشی بە حیکمەتە. ئینجا خوای گەورە روداوێکی ترمان بۆ باس دەکات‌و

وَٱسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ١٠٦ وَلَا تُجَٰدِلۡ
عَنِ ٱلَّذِينَ يَخۡتَانُونَ أَنفُسَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ
خَوَّانًا أَثِيمٗا ١٠٧ يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَلَا يَسۡتَخۡفُونَ
مِنَ ٱللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمۡ إِذۡ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرۡضَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡلِۚ وَكَانَ
ٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطًا ١٠٨ هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ جَٰدَلۡتُمۡ
عَنۡهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فَمَن يُجَٰدِلُ ٱللَّهَ عَنۡهُمۡ يَوۡمَ
ٱلۡقِيَٰمَةِ أَم مَّن يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ وَكِيلٗا ١٠٩ وَمَن يَعۡمَلۡ
سُوٓءًا أَوۡ يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ ثُمَّ يَسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورٗا
رَّحِيمٗا ١١٠ وَمَن يَكۡسِبۡ إِثۡمٗا فَإِنَّمَا يَكۡسِبُهُۥ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦۚ
وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ١١١ وَمَن يَكۡسِبۡ خَطِيٓـَٔةً أَوۡ إِثۡمٗا
ثُمَّ يَرۡمِ بِهِۦ بَرِيٓـٔٗا فَقَدِ ٱحۡتَمَلَ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ١١٢ وَلَوۡلَا
فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ وَرَحۡمَتُهُۥ لَهَمَّت طَّآئِفَةٞ مِّنۡهُمۡ أَن
يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡۖ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِن
شَيۡءٖۚ وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَعَلَّمَكَ
مَا لَمۡ تَكُن تَعۡلَمُۚ وَكَانَ فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ عَظِيمٗا ١١٣

بۆمان ڕۆشن دەكاتەوە كە حەق یەكێكەو بە كەس نابێ بە ناحەق‌و ناحەقیش بە كەس نابێ بە حەق‌و دەفەرموێ:

(١٠٥) ئەی محمدﷺ ئێمە ئەم قورئانەمان ڕەوانە كرد بۆ لای تۆ بە حەق‌و ڕاستی هەتا تۆش لە نێوان خەڵكدا حوكم بكەی بەو شێوەیەی كە خوا پێت دەڵێت واتە ئەی محمدﷺ حوكمەكانی تۆ پێویستە بەو شێوەیە بێت كە خوا دەفەرموێت نەك بە كەیفی خۆت ،وە ئەی محمد ﷺ تۆ نابێ بۆ ئەوانەی كە خیانەتكارن ببیت بە پاڵپشت‌و دیفاعیان لێ بكەیت.

(١٠٦) داوای لێخۆشبون بكە لە خوا بەڕاستی خوا زۆر لێخۆش بوو بە ڕەحمە. لەهۆی دابەزینی ئەم ئایەتانەدا هاتوە كە، سەحابەیەك كە ناوی قەتادە بو دەڵێت مامێكی هەبوو هەندێك ئاردی كڕی بوو لە ژێری ئاردەكەدا چەك‌و زرێو شمشێرێكی شاردبویەوە شەو دزرا، ئینجا لە ناو خەڵكا تەحقیقمان كردو بۆمان دەركەوت كە بنەماڵەیەك ئەوەیان كردوە بە ناوی خێڵی ئۆبەیریق مەشهور بوون بەكەم دەستی مامەكەشم وتی: حەز دەكەم ئەم شتە ڕاگەیەنیت بە پێغەمبەرﷺ منیش چوومە خزمەت پێغەمبەری خواﷺو عەرزم كرد كە مامم شتێكی ئاوەهای بە سەر هاتوە كە هەندێك ئاردی كڕیوە لە گەڵ چەك زرێ‌و شمشێرو لە ژێر ئاردەكەدا دایناوەو شەو هاتوون كونێكیان كردوەتە كەنوی ئاردەكەو هەرچی تێدا بووە بردویانە، ئێستا گومانمان هەیە لە سەر ماڵێك كە لە خێڵی "بەنو ئۆبەیرێق"ە جا بفەرموە با چەكەكەمان بدەنەوە ئیتر ئەوی تر هەموو بۆ خۆیان پێغەمبەری خوا فەرموی: { سآمُرُ في ذٰلِكَ/ الترمذي، حسنه الالباني/ بەم زوانە پرس‌و ڕایەك دەكەم لەو بارەوە} كە بەنو ئۆبەیریق ئەوەیان زانی هاتنە لای پیاوێكی ماقوڵی خۆیان‌و لەو بارەوە قسەیان كردو هاتنە سەر ئەوە كە هەندێك لەو بەرە بابە بچنە لای پێغەمبەرﷺو بڵێن: بەڕاستی قەتادەی كوڕی نوعمان‌و مامی دەیانەوێت خانەوادەیەكی چاك‌و پاكی ئێمە ناشرین بكەن هەروا بێ شایەت‌و بەڵگە بە دزی تاوانباریان دەكەن، قەتادە دەڵێ هاتمە خزمەتی پێغەمبەر ﷺو فەرموی: ئەتەوێ خانەوادەیەك كە باسی ئیسلامی‌و چاكییان كراوە تاوانباریان بكەیت بە دزی بەبێ شایەت وبەبێ بەڵگە؟ قەتادە دەڵێت: گەڕامەوەو ئاواتم خواست كە هەندێ لە ماڵم لە ناو بچوایەو لەو بارەوە قسەم لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ نەكردایەو مامم پێم گەیشت وتی برازا چیت كرد؟ منیش ئەوەی كە پێغەمبەرﷺ فەرموی پێم وت وتی: (الله المستعان) هەرخوایە داوای یارمەتی لێ دەكرێت زۆری پێ نەچو قورئان دابەزی‌و ڕاستی قەتادەی سەلماندو ئەوانی بەدرۆ خستەوەو داوای لە پێغەمبەرﷺ كرد كە پاڵپشتی ئەو خیانەتكارانە نەكات‌و داوای لێ خۆشبون بكات لە خوا. ئینجادەفەرموێ:

(١٠٧) تۆ بگرەو بەردە مەكە لە بارەی ئەو كەسانەی كە خیانەتیان كردووە لە نەفسی خۆیان‌و دزیان كردوە بەڕاستی خوا هەرگیز مرۆڤی خائین‌و گوناهباری خۆش ناوێت. كە ئەو كۆمەڵەش خائین‌و گۆناهبارن‌و حەق نیە پاڵپشتی‌و داكۆكیان لە سەر بكرێت.

(١٠٨) شتەكان دەشارنەوە لە خەڵك چونكە شەرم دەكەن لەحاڵێكدا كە ناتوانن لەخوای بشارنەوە چونكە ئەو لەگەڵیاندا یەو هیچی لێ پەنهان ناكرێت كە شەو دانەنیشن قسەی وا دەكەن كە خوا ڕازی نیە بەو قسەیە، وە خوا گەمارۆی كارو باری ئەوانی داوە. واتە هەموو ئیشەكانی ئەوان لە ژێر دەستی خوادایەو خوا پێی دەزانێت‌و ئەوان لە ژێر زانیاری خوا دەر ناچن.

(١٠٩) ئاگاداربن ئێوە واداكۆكیشتان كرد لە وان لە دنیادا ئەی ڕۆژی قیامەت كێ دیفاعیان لێ دەكات‌و پاكانە یان بۆ دەكات؟ یان كێ هەیە پاڵ پشت‌و چاو دێر بێت بۆئەوان؟ بەم شێوەیە

دەرکەوت کە ئەو کۆمەڵەی کە تاوانبار کران بەڵێ ڕاست بوو دز بوون، ئینجا پێغەمبەرمانﷺ کتێبێکی حەقی بۆهاتووەو دەبێ گوێ بگرێت لە هەردوو لا، ئینجا بۆی هەیە حوکم بکات ئێستا کەبەتەنیای گوێی لە مانە گرتوە خوای گەورە ئاوەها سەرزەنشتی دەکات، چونکە خوا خۆی حەقەو حەقیش ناشارێتەوە.

(١١٠) وە هەرکەسێك ئیشێکی خراپ بکات یان زوڵم بکات لە نەفسی خۆیو تاوان بکات پاشان لە خوا داوای لێ خۆشبوون بکات دەبینێ کەخوا چاوپۆشی کەرو بەبەزەییە. ئەمەش مژدەیەکی خۆشە بۆموسڵمانان بەگشتیو بۆ ئەو کۆمەڵەش بە تایبەت.

(١١١) هەرکەسێك گوناهێك بکات ئەوسا ئەوگوناهە زیانی بۆخۆیەتیو پێش هەمووکەس خۆی گرفتار دەبێت بەراستی خوا زانەرەو ئیشەکانشی بەحیکمەتە. جا ئەگەر کەسێکی تر هۆ نەبێ تێیدا ئەوە هەرخۆی تاوانبارە. وەئەگەر کەسێکی تر هۆی تاوانەکەی بوو باری ئەم سوك نابێت ئەمە هەر لە سەر تاوانەکەی خۆیەتیو مافی سزای خۆی هەیەو ئەوەیش کە هۆیە ئەویش تۆڵەی خۆی هەیەو ئەگەر بەر عەفواتی پەروەردگاری نەکەوێت لێی دەسەندرێت .

(١١٢) هەر کەسێك خۆی هەڵەیەك بکات یان گوناهێك بکات لە پاشان ئەو هەڵەو ئەوگوناهە بدات بەسەر کەسێکی تردا کەدوربێ لەو تاوانەو ئاگای لێ نەبێ ئەوسا بەراستی ئەو مرۆڤە بارێك بوهتانو گوناهێکی ئاشکرای لە سەرخۆی بارکردوە. وشەی (بهتان) واتەسەرسامبوون، واتە چونکە ئەوقسەیە هەڵبەسراوە هیچ بنمایەکی نیەو قسە بۆ هەڵبەستراوە سەرگەردانو سەرسام دەبێت.

(١١٣) ئەی محمدﷺ ئەگەر زیادەو فەزڵو لۆتفی خوا نەبوایە بۆ تۆ خەریك بوو تاقمێك تۆ گومڕا بکەنو لاتدەن لە حەقو ڕاستی، بەڵام چونکە لوتفی خوا لە گەل تۆدا بوو ئەوان هەرخۆیانیان گومڕا کرد، وەتەنها سەریان لە خۆیان شێواند و هیچ زیانێك بە تۆ ناگەیەنن، چونکە تۆ بەڕواڵەت حوکم دەکەیو ئەوانیش بە رواڵەت هاتنو دیفاعیان لێ کردو قسەکانیان پەسەندبوو لەلات ئەگەر حوکمەکەیشت بکردایە تۆ تاوانت نەدەبوو، بەراستی خوا کتێبی رەوانە کردوەتە لای تۆو داناىو ژیریشی پێداویتو ئەوەی کە نەتزانیوە لەپێشدا فێری کردیتو بەهرەو زیادەی خوا لە سەر تۆ گەورەیە. ئەمەش

لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَىٰهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ
أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَٰحٍۭ بَيْنَ ٱلنَّاسِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ
ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا (١١٤) وَمَن
يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ
سَبِيلِ ٱلْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِۦ جَهَنَّمَ ۖ وَسَآءَتْ
مَصِيرًا (١١٥) إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ
ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا
(١١٦) إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ إِنَٰثًا وَإِن يَدْعُونَ
إِلَّا شَيْطَٰنًا مَّرِيدًا (١١٧) لَّعَنَهُ ٱللَّهُ ۘ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ
مِنْ عِبَادِكَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا (١١٨) وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ
وَلَءَامُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلْأَنْعَٰمِ وَلَءَامُرَنَّهُمْ
فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيْطَٰنَ وَلِيًّا
مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا (١١٩)
يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا (١٢٠)
أُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ وَلَا يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصًا (١٢١)

ئەوەمان تێ دەگەیەنێت کە پێغەمبەران ماوەی ئیجتیهادیان پێ دراوە بەڵام پێغەمبەران ئەگەر لەو ئیجتیهادەیان دا نەیان پێکا بێت خوا ئاگاداری کردونەتەوەو ڕاستیەکەی پێ فەرمونو لەسەر ئەو ئیجتیهادە هەڵە نەماون، ئەمە بەسودە بیزانە. ئینجا خوای تەمێمان دەکاتودەفەرموێ:

(١١٤) لە زۆربەی چپەکانیاندا هیچ خێرێکی تێدانییە مەگەر چپەکانیان بۆ یەکێك لەم سێ شتەبێت، یەکەم ـ مەگەرفرمانبدات بەچاکەکردن، دووهەم ـ فەرماندان بە ئیشی باشو خێر، سێهەم ـ بۆ ناوبژیوچاك کردنی کاروباری خەڵك. هەر کەسێك ئەو چپەیە لە بەر خاتری ڕەزای خواو تەنها بۆ ئەوە بێت کە خوا لە خۆی ڕازی بکات ئەوە بەم زوانە پاداشتێکی گەورەی پێ دەدرێت. لە مبارەوە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {إِذَا كَانُوا ثَلَاثَةً فَلَا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ الثَّالِثِ/البخاري/ ئەگەر سێ نەفەر بن بادوانیان چپە نەکەن بێ سێهەمیان} چونکە دوانیان کە چپە بکەن ئەوی تر وا گومان دەبات کە قسە لەبارەی ئەوەوە دەکرێتو دڵی ناڕەحەت دەبێت لە بەر ئەوە ئیجازە نیە، بەڵام ئەگەر زیاتر لە سێ نەفەر بوون چپە بکەن بەو مەرجەی چپەکان لەو سێ شتەی کە باسمان

کرد دەرنەچێت قەیناکەبەڵام ئەگەر لەم سێ شتە دەرچوون هەر کاتێك بێت هەر خراپە.

(١١٥) ئەو کەسەی کەپاش ئەوەی کە حەقیقەتی بۆ ڕۆشن بویەوەو ڕێگای هیدایەتی بۆ ئاشکرا بوو موخالفەتی پێغەمبەرﷺ بکاتو پەیڕەوی ڕێگای بێجگە لە باوەڕداران بکات ئێمەیش دەیبەین بەو ڕێگایەی کە خۆی دەیەوێت ودەیخەینە دۆزەخەوە، ئای چ جێگایەکی خراپە ئەو دۆزەخە. واتە هەوساری خۆی دەدەینە دەستی خۆیو هەرچی دەکات با بیکات. وەك ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ ﴾ /الصف:٥ / کاتێك کە ئەوان لایان دا لەم حەقە، خوای گەورەش دڵی ئەوانی لادا﴾ ئەمەش ئەوە دەردەخات کە موسڵمانان پێویستە هەمیشە ئاگایان لە خۆیان هەبێو موخالەفەتی کۆمەڵی موسڵمانی ڕاستەقینە نەکەن، ئەگەر کردیان ئاوەهایان لێ دێت وەك لەم فەرمودەدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {.... یَدُ اللَّهِ مَعَ الْجَمَاعَةِ / الترمذی، صححه الالباني/ دەستی خوا لە گەل کۆمەڵدایە}.

(١١٦) خوای گەورە خۆش نابێت لەوەی کە هاوبەشی بۆ دابنرێت بەڵام خوای گەورە خۆش دەبێت لەو گوناهانەی کەلەوبەرەوخوارتربێت بۆ هەر کەسێك کە ئارەزۆی لێ بێت، وە ئەو کەسەی کە هاوبەش دابنێت بۆ خوا بەراستی گومڕا بوە بە گومڕاهییەکی دوور لە ڕاستی وا کە دورە جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاست.

(١١٧) ئەوانە جگە لەزاتی خوا هەرچی دەپەرستن ناوی مێینەیان هەیە (لات، عزا، مناة) وە ئێوە هەرهاواربۆ شەیتانێك دەبەن کە سەرکەشو خراپە کێڵە؟! وتراوە لە گەل هەموو بتێکدا جنۆکەیەکی مێ هەبوە.

(١١٨) خوای گەورە لەعنەتی لەوشەیتانە کردوەو ئەویش سوێندی بە عزەتی خوا خواردوەو وتویەتی کە بەشێکی بڕاوە لە بەندەکانت وەردەگرم بۆ خۆمو وەك خۆم لاڕێیان دەکەم.

(١١٩) سوێند بە گەورەیت گومڕایان دەکەم، وە سوێند بە تۆ ئەوەندە ئاواتیان ئەخەمە بەر چاو تا تۆیان نەکەوێتە بیرەوە، کەتەوبە نەکەن پێیان دەڵێت ئێستا پەلە مەکەو تەوبە مەکە ئەو گوناهە هیچ نیەو تۆ باشتری لە فلانە کەس. ....هتد بە ئەم جۆرە شتانە دەسەڵاتو هێزی خوایان لە بیر ئەباتەوە. وەسوێند بە تۆ ئەمریان پێ دەکەم هەتا گوێی مەڕو ماڵاتەکانیان شەق بکەن بۆ دیاری کردن بۆ بتەکانیان، وە سوێند بە تۆ فرمانیان پێ دەکەم کە دروست کراوەکانی خوا بگۆڕن کە خاڵ کوتانو خەساندنی حەیوانی نێرو برۆ هەلگرتنو ریش تاشینو هەر جۆرە گۆڕان بۆ دروست کراوەکانی خوا تاوانەو فرمانی شەیتانەو خوا بەو جۆرە رەفتارانە عاجزەو هەر کەسێ دەستیان لێ نەکێشێتەوە تاوانبارەو مافی سزادانی هەیە بەڵێ خوای گورە موی سەری پێداویین وە ریشو سمێڵیشی پێ داوین کەئەم دوانە دراوە بە پیاو نەك بە ئافرەت وە ئەو موانە کە خوای گەورە پێ داوین پێویستە لە سەرمان کە نەیگۆڕین مەگەر شەرع خۆی حوکمان بۆ بکات کە چۆن بیگۆڕین بۆ نمونە بۆ سەر فەرمویەتی: بیتاشن یان کورتی کەنەوە کەوابوو بۆ پیاو ئیجازەی پێ داین کە سەر بیتاشن یان کورتی بکەینەوە، ئینجا بۆ سمێڵ پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: هەڵکێشاندن، تاشین، کورت کردنە وە کە سێهەمیان چاکتریانە، بەڵام بۆ ریش فەرمویەتی: {إعفَاءُ اللِحيةِ/ واز لە ریش بهێنن}

وە بۆ موی شەرمگە فەرمویەتی بیتاشنو موی بن باڵ هەڵکێشن. بەڵێ ئەمانە دروستکراوی خودانو کەس مافی ئەوەی نیە دەستکاریان بکات مەگەر بەو شێوەیەی کە بۆی دیاری کردوین، بەڵام ئەوەتە شەیتان زاڵ بوە بە سەر زۆربەمانداو سەر شۆڕو شەرمەندەی خواو پێغەمبەرو ڕۆژی قیامەتی کردوین، برایانو خوشکانی خوا ناس ئەو دروستکراوەی خوا زۆر زۆرجوانترو کەم ئەرکترە تا ئەو دەسکاریەی خۆتان، لە خوا بترسنو دوژمنی بێ بەزەییو رق لە دڵی خۆتان کە شەیتانە رازی مەکەن وپەیڕەوی مەکەن چونکە خوا دەفەرموێ: وە ئەو کەسەی کە شەیتان بکات بە دۆست بۆ خۆی بێجگە لە خوا ئەوسا بەراستی ئەوە زیانی کردوە بە زیانێکی ئاشکرا.

وتراوە دوژمن ئەگەر ئامۆژگاری کردیت لەو ئامۆژگاریە بترسە، ئینجا خوای گەورە زیاتر رەفتارەکانی شەیتان سەبارەت بە ئەوەی ئادەم ڕۆشن دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(١٢٠) شەیتان بەڵێنیان پێ دەداتو دەیانخاتە ناو دەریای ئارەزۆو ئاوات خواستنەوە لەکاتێکدا کەئەو بەڵێنانەی شەیتانیش تەنها دەستخەڕە کردنو سەر لێ تێك دانەو هیچی

وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَنُدۡخِلُهُمۡ
جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ وَعۡدَ
ٱللَّهِ حَقّٗاۚ وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلٗا ﴿١٢٢﴾ لَّيۡسَ بِأَمَانِيِّكُمۡ
وَلَآ أَمَانِيِّ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِۗ مَن يَعۡمَلۡ سُوٓءٗا يُجۡزَ بِهِۦ
وَلَا يَجِدۡ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا ﴿١٢٣﴾ وَمَن
يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ
فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ نَقِيرٗا ﴿١٢٤﴾ وَمَنۡ
أَحۡسَنُ دِينٗا مِّمَّنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ وَٱتَّبَعَ
مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۗ وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبۡرَٰهِيمَ خَلِيلٗا ﴿١٢٥﴾ وَلِلَّهِ مَا
فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٖ
مُّحِيطٗا ﴿١٢٦﴾ وَيَسۡتَفۡتُونَكَ فِي ٱلنِّسَآءِۖ قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ
فِيهِنَّ وَمَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ فِي يَتَٰمَى ٱلنِّسَآءِ
ٱلَّٰتِي لَا تُؤۡتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرۡغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ
وَٱلۡمُسۡتَضۡعَفِينَ مِنَ ٱلۡوِلۡدَٰنِ وَأَن تَقُومُواْ لِلۡيَتَٰمَىٰ
بِٱلۡقِسۡطِۚ وَمَا تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِهِۦ عَلِيمٗا ﴿١٢٧﴾

تر. دەی ئایا رەوایە مرۆڤی ژیر دوژمنی وا بکات بە دۆستی خۆی؟

(١٢١) ئەوانە شوێنیان جەهەنەمەو جگە لەو جێگایە هیچ پەناگایەکیان دەست ناکەوێت کە خۆیانی تێدا بشارنەوە تا رزگاریان ببێت لەو تۆڵەو سزایە. ئینجا خوای گەورە باسی باوەڕ دارانمان بۆ دەکاتو دەفەرموێ:

(١٢٢) وە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە بەم زوانە دەیانخەینە بەهەشتانێکەوە کە لە ژێر ئەو بەهەشتانەدا چەندین جۆگە دەڕوات کەئەوانیش بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە لە ناو ئەو نازو نیعمەتانەداو ناترسن لەوەی کە رۆژێك لە رۆژان دوایی بێت ئەمە بەڵێنی خوایەو بەڵێنی خواش راستە، وە کێ هەیە لە خوا قسە راستر بێت؟ بەڵێ دەبێ ئەوە بزانین کە ئایینو خواناسین وگەورەی مرۆڤ لای پەروەردگاری بە ئاواتو ئارەزۆ نیە بەڵکو پێویست بە ئیشو تەلاش دەکات، ئەوەتە خوای گەورە دەفەرموێ:

(١٢٣) نە بە ئاواتی ئێوەیە ئەی موسڵمانان وە نە بە ئاواتی ئەهلی کتێبە، هەر کەسێك خراپە بکات بە دڵنیاییەوە سزای خۆی پێ دەدرێتەوە لە سەر ئەو خراپەیە، وە بێجگە لە خوا هیچ دۆستو یاریدەدەرێکی دەست ناکەوێت. ئەمە لە سەر ئەوە دابەزی کە ئەهلی کتێب دەیان وت: دینەکەی ئێمە لە دینەکەی ئێوە چاکترە، چونکە پێغەمبەری ئێمە پێش پێغەمبەری ئێوە بووە وکتێبی ئێمە پێش کتێبەکەی ئێوە بوە کەوا بو دینی ئێمە لە دینی ئێوە چاکترەو موسڵمانەکان دەیانوت: ئێمە چاکترین لە ئێوە پێغەمبەری ئێمە دواترین پێغەمبەرەو کتێبەکەمان دواترین کتێبە کە هاتوەو حوکم دەکات بە سەر تەواوی کتێبەکانی تردا خوای گەورە دەفەرموێ: بە پێغەمبەرەکەتان نیەو بە کردارەکەی خۆتانە، دەڵێن: کاتێك کە ئەم ئایەتە دابەزی ئەبوبەکر هاتە خزمەتی پێغەمبەرﷺ و وتی: توندترین هەڕەشە ئەم ئایەتەیە هەر ئیشێکی خراپمان کردبێت تۆڵەمان لێ دەسەنرێت؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: {غَفَرَ اللَّهُ لَكَ يَا أَبَا بَكْرٍ أَلَسْتَ تَمْرَضُ أَلَسْتَ تَنْصَبُ أَلَسْتَ تَحْزَنُ أَلَسْتَ تُصِيبُكَ اللَّأْوَاءُ قَالَ بَلَى قَالَ فَهُو مَا تُجْزَوْنَ بِهِ / احمد، صححة الالبانی/ خوا لێت خۆش بێت ئەی ئەبوبەکر ئایا نخۆش ناکەویت؟ ئایا ماندو نابیت؟ ئایا خەمبار نابیت؟ ئایا توشی سەختیو نارەحەتی نابیت؟ ئەبوبەکر وتی: بەڵێ، پێغەمبەرﷺ فەرموی ئەو تۆڵەی ئەو تاوانانەیە لێت وەرنەگرێت واتە مەرج نیە مرۆڤ ئەگەر هەر گوناهێکی کرد دەبێ چەندین ساڵ لە ناو ئاگری جهەنم دا بسوتێت جاری وا هەیە کابرا گوناهێکی کردوە بەڵام لە رۆیشتنا دڕکێك دەچێ بە پێیداو دەبێ بە هۆی سڕینەوەی گوناهەکەیو ئەمەش فەزڵو رەحمەتی خوایە بەرامبەر بە مرۆڤەکان.

(١٢٤) هەر کەسێك لە ئیشە چاکەکان ئەنجام بدات چ نێر بێت یا مێ لەحاڵێکدا کە ئەو باوەڕدار بێت ئەوسا ئەوانە دەچنە ناو بەهەشتەوەو بە ئەندازەی چاڵە بچوکەکەی دنکی ناوخورما ستەمیان لێ ناکرێت.

(١٢٥) کێ هەیە چاکتر بێت لە بارەی دینەوە لەو کەسەی کە بە تەواوی خۆی تەسلیمی الله بکات لەگەل ئەوەشدا چاکەکار بێتو هەمیشە عیبادەتی خوا وابکات وەك خوا ببینێتو دوای ئاینی ئەو ئیبراهیمە بکەوێت کە لە هەمو ناڕەوایەك لای دا بوو پەیرەوی راستی بو، وە خوای گەورەش ئیبراهیمی بە خۆشەویستی خۆی داناوە بەڵێ ئایینی ئیبراهیم هەمان ئایینە کە هاتوە بۆ پێغەمبەرمانﷺ وەك دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ أَوۡلَى ٱلنَّاسِ بِإِبۡرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِيُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۗ وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ آل عمران: ٦٨ /نزیکترین کەس بە ئیبراهیم ئەو کەسانەن کە

وَإِنِ ٱمْرَأَةٌ خَافَتْ مِنۢ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ
عَلَيْهِمَآ أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا ۚ وَٱلصُّلْحُ خَيْرٌ ۗ وَأُحْضِرَتِ
ٱلْأَنفُسُ ٱلشُّحَّ ۚ وَإِن تُحْسِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ
بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٢٨﴾ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓا۟ أَن تَعْدِلُوا۟
بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ۖ فَلَا تَمِيلُوا۟ كُلَّ ٱلْمَيْلِ
فَتَذَرُوهَا كَٱلْمُعَلَّقَةِ ۚ وَإِن تُصْلِحُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ
كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٢٩﴾ وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغْنِ ٱللَّهُ كُلًّا
مِّن سَعَتِهِۦ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ وَٰسِعًا حَكِيمًا ﴿١٣٠﴾ وَلِلَّهِ مَا فِى
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَلَقَدْ وَصَّيْنَا ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ
مِن قَبْلِكُمْ وَإِيَّاكُمْ أَنِ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ وَإِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ لِلَّهِ
مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَنِيًّا حَمِيدًا ﴿١٣١﴾
وَلِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿١٣٢﴾
إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ أَيُّهَا ٱلنَّاسُ وَيَأْتِ بِـَٔاخَرِينَ ۚ وَكَانَ
ٱللَّهُ عَلَىٰ ذَٰلِكَ قَدِيرًا ﴿١٣٣﴾ مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا فَعِندَ
ٱللَّهِ ثَوَابُ ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿١٣٤﴾

لەكاتی خۆیدا دوای کەوتوون‌و ئەم پێغەمبەرەیەو ئەو کەسانەن کە پەیڕەوی ئەم پێغەمبەرن ﷺ وە خوا دۆست‌و یارمەتی دەری خاوەن باوەڕانە﴾.

(١٢٦) هەرچی لە ئاسمانان‌و زەوی دایە مولکی خوایە، وە خوداش گەمارۆی هەموو شتێکی داوەو هیچ شتێك لە دەسەلات‌و عیلم وزانایی ئەو دەرناچێت.

(١٢٧) وە لە بارەی ئافرەتانەوە پرسیارت لێ دەکەن بڵێ: خوا فتواتان بۆ دەدات لە بارەیانەوە، ئەویش ئەمەیە کە لەم کتێبەدا دەخوێندرێتەوە بە سەرتاندا کە بریتیە لەوەی کە لە بارەی ئەو هەتیوە ئافرەتانەی کە ئێوە ئەوەی فەرز کراوە بۆیان لە مارەیی پێیان نادەن‌و دەتانەوێت کە نیکاحیشیان بکەن‌و یان ناهێڵن مێرد بکەن، ئەوانەی کەلەپێشدا باسکران‌و ئەوانەیش کە لەمەودواباس دەکرێن نابێ ستەمیان لەگەڵدا بکرێت‌و مافیان پێشێل بکرێت‌و وئەوانەش کە لاوازن لە منداڵان، وە پێویستە ئێوە دادگەرانە لە گەڵ ئەو هەتیوانە دا بجوڵێنەوە، وە هەر چاکەیەك بکەن با دڵنیا بن کە خوا زانایە پێی‌و پاداشتی بە چاکتر لە خۆی دەداتەوە. لە سەردەمی نەفامیدا پیاوێك کە هەتیوێکی ئافرەتی لابوایە لیباسێکی خۆی بدایە بە سەریا ئیتر هیچ کەس نەی دەتوانی نیکاحی بکات وبیخوازێت جا ئەگەر جوان بوایەو حەزی لێ بکردایە ئەوە دەیخوازی‌و هەموو ماڵەکەی دەخوارد، وە ئەگەر ناشیرین بوایە نەیدەدا بە شوو هەتا دەمردو هەرکاتێکیش دەمرد ماڵەکەی بە میرات دەبرد، ئینجا خوای گەورە بەرگری کردن لەو تاوانە سەبارەت بە هەتیوان‌و داوای لێ کردن کە بە جوانی رەفتار بکەن لە گەڵ ئافرەتان‌و منالان‌و هەتیوان داو چاکەیان لە گەڵدا بکەن. ئینجا خوای گەورە باسی حوکمێکی ترمان بۆ دەکات سەبارەت بەو پیاوانەی کە لە گەڵ خێزانیان بە چاکی رەفتار ناکەن وەکو چۆن لە پێشەوە باسی ئەو ئافرەتانەی کرد کە خراپە لە گەڵ مێردەکەیان دەکەن‌و گوێ لە بڕیارو قسەکانیان شل ناکەن دەفەرموێ:

(١٢٨) جا ئەگەر ئافرەتێك ترسا لە ستەمی پیاوەکەی یان گوێی پێ نەدا لە خەرجی‌و جێگاو مافی خۆی پێ نەدات ئەوە گوناح نیە کە ئاشتیان بکەنەوە چونکە هەر ئاشتی چاکە، ئاشتی کردن لە گەڵ حوکم کردندا ئەو جیاوازیەی هەیە کە لە ئاشتی دا بۆرێك کەوتنیان دەتوانرێت زیادو کەم بکرێت لە مافی پیاو ژنەکەدا، بەڵام حوکم هیچ جیاوازیەك ناکات‌و هەرکام چەندێك مافیان ببێت هەر ئەوەندە یان پێ دەدات ماوە بە زیادو کەم کردنی مافی هیچ کەسێك نادرێت، وە نەفسەکان ئامادەی رژدی کراون‌و هەموو کەسێك ماڵی پێخۆشە جا ئەگەر ئافرەتەکە هەندێ لە ماڵی خۆی بەخشی بە مێردەکەی مێردەکەی رازی دەبێت، وە ئەگەر ئێوەی پیاویشی چاکە بکەن‌و هەندێ چاوپۆشی لەماڵی خۆتان بکەن بۆئافرەتەکانتان‌و لە خوا بترسن ئاشتەواییەکە زووتروچاکتر دەکرێت، ئەوسا بەبێگومان کە الله بەوەی کە ئێوە دەیکەن ئاگادارەو پاداشتی چاکەکانتان دەداتەوە.

لە پێشەوە فەرموی دەبێ بە دادگەرانە رەفتار بکەن لە نێوان ئافرەتان دا و هەر کەسێك چەند خێزانی ببێت دەبێ دادگەر بێت لە نێوانیان دا، بەڵام ئەوە مەبەستی خۆشەویستی ناو دڵ نیە وەك دەفەرموێ:

(١٢٩) هەرگیز ئێوە ناتوانن کە دادپەروەر بن لە نێوان ژنەکانتان هەرچەندە خۆتان زۆر سووریش بن لە سەری، چونکە ئەوە شتێکی ناودەرونیەو بەسراوە بە رەفتاری ئافرەتەکانەوە جا کامیان جوانتر رەفتار بکات ئەوەیان خۆشەویستر لە دڵی مێردەکەیداو بەو خۆشەویستیە زیاترە مێردەکەیان تاوانبار نابێت، بەڵام نابێ ئەم خۆشەویستی ناو دەرونیە ببێت بە هۆی فەرق‌و جیاوازیان لە خۆراك وپۆشاك‌و

جێگاداو لە ژمارەی ئەو شەوانەی کە لە گەڵیاندا دەبن. هەندێك بە هەڵە ئەم ئایەتە دەکەن بە بەڵگە لە سەر دروست نەبونی زیاتر لە ژنێك، چونکە دەڵێن خوا زیاتر لە ژنێکی بەستوە بە دادپەرەریەوە (العدالة) وە لەم ئایەتەشدا دەفەرموێ: کەس ناتوانێت کە دادپەروەری بپارێزێت، کەوا بوو نابێ زیاتر لە ژنێك بهێنێت. بەڵام لە راستی دا کردارو وتارو دان پێدانانی راستو دروستی پێغەمبەرمانﷺ ئەو مانایە هەڵ دەوەشێنێتەوە مەبەست خۆشەویستی ناو دەرونەو ناتوانرێت بگورێت بۆیە وا بە دوای ئەوە دا دەفەرموێ: جا بە تەواوی مەیل نەکەن بەلای هەندێکیانداو ئەوانیتریان واز لێ بهێنن وەك هەڵبەسراوێك کە ئافرەتەکە نە شودار بێتو نە بێ شوو، وە ئەگەر ئێوە ئاشتی و ئیشی چاك بکەنو لە خوا بترسن ئەوسا دڵنیابن کە الله لێبوردەو میهرەبانە بەرامبەر بە بەندەکانی. جا ئەگەر هەر نەگونجانو ئاشتیان نەکردو رێك نەدەکەوتن خوا دەفەرموێ:

(١٣٠) خۆئەگەر هاتو لە یەك جیا بونەوە خوای گەورە هەردووکیان لەو فرەوانیو نیعمەتە زۆرەی کە هەیەتی بێ نیازیان دەکات واتە دوای ئەو هەموو هەوڵو کۆششەو رێك نەکەوتنیان، ئینجا بەرەو لێك جیا بوونەوە هەڵیان دەنێتو دەفەرموێ: لە رۆزی مەترسن و خوای گەورە نیعمەتەکانی فرەوانەو ئیشەکانیشی بە حیکمەتە ئاوەها بریاری داوەو نابێ لەو بریارانەی لابدەن، چونکە لادان لە دانایی، نەزانیو نەفامیەو بێجگە لە شەرمەندەییو سەر شۆری شتێکی تر نیە. پاشان پەروەدگاری داناوکاربەجێ بەرەو دەسەڵاتو هێزی خۆی سرنجمان رادەکێشێتو دەفەرموێ:

(١٣١) خۆ ئەوەی لە ئاسمانانو زەویدایە هەموی مولکی خوایەو خوا خاوەنیەتی، وە بەراستی ئێمە ئامۆژگاریمان کردوە بۆ ئەوانەی کە کتێبمان پێ داون لە پێش ئێوەدا، وە بۆ ئێوەش کە لە الله بترسنو خۆتان بپارێزن لەو شتانەی کە ببێت بە هۆی رقو سزای الله، وە ئەگەر ئێوە بێباوەڕ ببن سا چاك بزانن بە بێگومان ئەوەی کە لەناو ئاسمانانو زەویدایە هەموی مولکی خوایە و خوای گەورە بە سەرپێچی ئەوەی ئادەم لە فرمانەکانی هیچ زیانێکی پێ ناگات، بەڵکو تەنها هەرخۆیان رەنجەڕۆو خەسارەت مەندن، ئەوەتە دەفەرموێ: وە خوا دەوڵەمەندەو سوپاس کراوە ئیتر ئێوە ئەی نەوەی ئادەم وا بیر نەکەنەوە کە داواکاری خوا لە ئێوە بەڵگەی نیازی خوایە بە ئێوە نەخێر خوا هیچ ئیشێکی پەکی ناکەوێت لەسەر ناشوکریو تاوانی ئێمە.

۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلۡقِسۡطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ
وَلَوۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ أَوِ ٱلۡوَٰلِدَيۡنِ وَٱلۡأَقۡرَبِينَۚ إِن يَكُنۡ غَنِيًّا
أَوۡ فَقِيرٗا فَٱللَّهُ أَوۡلَىٰ بِهِمَاۖ فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلۡهَوَىٰٓ أَن تَعۡدِلُواْۚ وَإِن
تَلۡوُۥٓاْ أَوۡ تُعۡرِضُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ١٣٥ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلَّذِي نَزَّلَ
عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِن قَبۡلُۚ وَمَن يَكۡفُرۡ
بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ فَقَدۡ ضَلَّ
ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ١٣٦ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ءَامَنُواْ
ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ٱزۡدَادُواْ كُفۡرٗا لَّمۡ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغۡفِرَ لَهُمۡ وَلَا لِيَهۡدِيَهُمۡ
سَبِيلَۢا ١٣٧ بَشِّرِ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ بِأَنَّ لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمًا ١٣٨ ٱلَّذِينَ
يَتَّخِذُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ أَيَبۡتَغُونَ
عِندَهُمُ ٱلۡعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعٗا ١٣٩ وَقَدۡ نَزَّلَ عَلَيۡكُمۡ فِي
ٱلۡكِتَٰبِ أَنۡ إِذَا سَمِعۡتُمۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكۡفَرُ بِهَا وَيُسۡتَهۡزَأُ بِهَا فَلَا
تَقۡعُدُواْ مَعَهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦٓ إِنَّكُمۡ إِذٗا مِّثۡلُهُمۡۗ
إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡكَٰفِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا ١٤٠

(١٣٢) ئەوسا هەر بۆ خوایە ئەوەی کە لەناو ئاسمانانو زەوی دایەو بەسە کە الله چاودێرو پشتیوانی مرۆڤ بێت. ئاشکرایە پاش ئەم هەمو ئامۆژگاریو لوتف نواندنەی ئەگەر سەرپێچی بکرێت زۆر شتێکی پەسەندو بەجێیە کە تۆڵەی سەخت وەرگرێت لە تاوانبارانو توانایشی هەیە وەك دەفەرموێ:

(١٣٣) ئەی خەڵکینە ئەگەر الله بیەوێت لە ناوتان دەباتو خەڵکێکی تر دێنێتە جێتان، وە الله بەسەر ئەوەدا زۆر بەتوانایەو هیچ هێزێکیش نیە کە بتوانێت بەرەنگاری بکاتو لە ئیشەکانی دوای بخات. دەی ئایا ئەمە بەس نیە بۆ ئێمەی موسڵمان کە بە چاکی خۆمان بپارێزین لە تاوانکاریو ئیشی خراپ نەوەك الله عاجز ببێت لێمانو لە ناومان ببات؟

(١٣٤) ئەو کەسەی کە پاداشتی دنیایی مەبەستە بۆ ئیشەکانی خۆی بادڵنیابێت هەر لەلای الله یە پاداشتی دنیاو قیامەت، کەوابوو تەنها روبکەرە ئەو زاتە، وە خوای گەورە بیسەرو بینەرە بەو وتارو ئیشانەی کە ئێوە دەی کەن. دەی هەر الله بپەرستە پاداشتی دنیاو قیامەتت دەست دەکەوێت.

(١٣٥) ئەی خاوەن باوەڕان ئێوە هەمیشە بە دادپەروەرانە حوکم بکەن، لەبەر خوداش شایەت بن ئەگەر چی ئەو شایەتیە زیانی

خۆتان یان زیانی دایك وباوكتانو خزمانی تێدا بێت ئەگەر چی ئەوشایەتی لەسەردراوە دەوڵەمەند بێ یان فەقیر بێت، هەر ﷲ شایستەترەو پێویست ترە پێش ئەوانی بخەیت وفرمانی جێبەجێ بکەیت جا دوای ئارەزۆات نەکەون کە دادگەرانە نەجوڵێنەوە بەڵکو دەبێ دادگەر بن، وە ئەگەر ئێوە زمانتان گۆڕی لە شایەتی دا یان شایەتیان نەدا ئەوسا بێگومان ﷲ بەوەی کە ئێوە دەیکەن ئاگادارە. ئەمەش هەڕەشەیەکی توندە تا دادپەروەر بنو زمان نەگۆڕنو لە شایەتی دانیشدا خۆتان کەنار نەدەن. ئینجا بە وەسفی باوەڕدار بانگمان دەکاتو دەفەرموێ:

(١٣٦) ئەی خاوەن باوەڕان ئیمان بهێننو بەردەوام بن لە سەر باوەڕی راستەقینە جا نابێ هیچ گومانێك لە ناو دڵتاندا هەبێو پێویستە هەمیشە ئەو باوەڕەی خۆتان تازە بکەنەوە، باوەڕ بهێنن بە خواو بە نێرراوەکەیو بەو کتێبەی کە رەوانەی کردوە بۆ نێرراوی خۆی کە قورئانەو بەو کتێبەش کە لە پێشدا رەوانەی کردوە، وە هەر کەسێك بێباوەڕ بێت بە خواو بە فریشتەکانیو بە کتێبەکانیو بە پێغەمبەرەکانیو بەرۆژی دوایی بەراستی ئەو کەسە گومڕا بووە بە گومڕاییەکی دوور لە راستی.

وە خوای گەورە تاكو تەنیایەو ئیحتاجی بە کەس نیەو هەموو مرۆڤەکان موحتاجن بە ئەو، وە ئەوەی کە سیفەتی جەمالو کەماڵە هەموی لەودا هەیەو هیچ کەمو کوڕیەك نە لە زاتیداو نە لە سیفاتی داونەلەکرداریدا نەبوەو نییەو نا بێتو فریشتەکانیش کۆمەڵێکن کە ﷲدروستی کردوون هیچ کاتێك لە زیکری ئەو بێ ئاگا نینو دروستکراوێکی زۆر زۆرنو جێگای چوار ئەنگوست لەو ئاسمانەی خۆماندا نیە مەگەر فریشتەیەکی بە سەرەوەیەو خەریکی بەندایەتی خوایەو مەئموری باو بارانو گیاندارو بێ گیانو بەهەشتو جەهەنمو مەرگو ژیانن، کە دەچنە سەر هەمو شێوەیەکەوە بێجگە لە شێوەی سەگو بەراز نەبێت، وە کتێبەکانیش بریتین لە (تەوراتو ئینجیلو زەبورو سوحوف) کە بۆ پێغەمبەرەکانی پێشوو هاتوونو قورئانیش بۆ پێغەمبەرمانﷺ هاتوە، وە هەمو پێغەمبەرەکان وەك یەکن لە پێغەمبەرایەتی داو هەمویان راستنو خوا ناردونیو دەبێ باوەڕمان پێیان هەبێت بە بێ جیاوازی لە نێوان پێغەمبەرەکانداو پێنجیان بە خاوەنی شەریعەتی سەربەخۆو بەئولولعەزم ناودەبرێن کەبریتین لە(نوحو ئیبراهیمو موساو عیساومحمد سەلامی خوا لەهەمویان بێ)، وە دەبێ باوەڕمان بەرۆژی دوایی کە ئەو رۆژە مرۆڤەکان زیندوو دەکرێنەوە هەبێت و ئەم لەشەی کە ئێستا هەمانە وەکو خۆی لێ دەکرێتەوەو حیسابی مرۆڤەکان لە سەر کردەوەکانی دەکرێت ، وە دەبێ بزانین کە پردی سیرات هەیەو هەر کەس لەو پردە نەپەڕێتەوە بێ گومان دەکەوێتەوە جەهەنمەوەو دەبێ بزانین لە بەهەشتو جەهەنمدا مرۆڤەکان دەگۆڕێن بەهەشتی بەم شێوەیەن کە شەست مەتر باڵاو حەوت مەتر قایمیان هەیەو هەرچیان پێ خۆشبێت دەستیان دەکەویتو نە نەخۆشیو نە قسەی ناخۆشو نە پیسیو نەمیزو نە بەڵغەمو نە سەرەگێجەیان هەیەو جەهەنەمیەکانیش هەر دانێکیان بە ئەندازەی چیای ئوحودەو قایمایی پێستیان لەچل مەترەوە بۆ زیاتریش وتراوەو لە سەعاتێکدا سەدو بیست جار لە ناو ئاگردا ئەو پێستەیان دەکوڵێتو پێستی تازەیان بۆ دروست دەکرێتو خواردنەوەیان زوخو کێمی جەهەنمیانەو بەزۆریش لە قوڕگیان ناچێتە خوارەوە، لیباسی ئاگریان لە بەر دایەو کەڕو کوێرن تا ناڵەی کەسی تر نەبیستن وچاویان بەکەس نەکەوێت تاوا بزانن کەهەرخۆیانن لەوسزادا جا بێباوەڕو دووڕو موشریك بۆ هەمیشە لە ناو ئەو سزا گەورە دا دەمێننەوە نە تازە دەمرن تا رزگار ببن لەو سزایەو نە رزگاریان دەبێت لێی، ئینجا خوای گەورە سەبارەت بەو کەسانەی کە ئیمان لە دڵەکانیاندا بە تەواوی سەقامگیر نەبووە دەفەرموێ:

(١٣٧) بێگومان ئەوانەی کە باوەڕیان هێنا لە پاشان کافر بونەوە لە پاشان باوەڕیان هێنایەوە دیسان هەم کافر بونەوە ئینجا لە سەر کوفرەکەیان ڕۆیشتنو درێژەیان پێدا هەتا بە کافری مردن هەرگیز خوا لە گوناهیان خۆش نابێتو تازە رێگای خۆشبەختیشیان پێشان نادات و لە رۆژی قیامەتدا رزگاریان نابێت.

(١٣٨) مژدە بدە بە موناففقان کە سزایەکی دەردناکیان بۆ هەیە. ئەم موژدەیە گاڵتە پێ کردنە چونکە موژدە بۆ شتی خۆشو بە سود بە کار دەهێنرێت.

(١٣٩) مونافق ئەو کەسانەن کە بێباوەڕان دەکەن بە دۆست بۆ خۆیان لەباتی باوەڕداران، ئایا ئەوانە دەیانەوێت بە هۆی ئەو بێباوەڕانەوە گەورەییو عیزەت بۆ خۆیان پەیدا بکەن سابا بزانن هەرچی گەورەییو عیزەت هەیە بۆ خوایەو هیچ کەس ناتوانێ کەسێك سەر بەرز بکات یان نزمی بکات مەگەر ﷲخۆی ئارەزۆی لێ بێت. بەڵام جێگای داخە کە ئەمڕۆ ئێمە بە سازی

دوژمن هەڵدەپەڕینو چاوەڕێی دوژمنین کە بێت بە هاوارمانەوەو پارێزگاریمان لێ بکات بەراستی ئەگەر بیر نەکەینەوە زۆر زۆر خەڵەتاوینو هەرگیز لە سزای خوداش ڕزگارمان نابێت، پێویستە ئێمە گوێ لە قورئان بگرین.

(١٤٠) بەراستی لەم کتێبدا کە قورئانە ڕەوانەمان کردوەتەلاتان کە هەر کاتێك بیستتان کە بە ئایەتەکانی خوا کوفردەکرێتو گاڵتەی پێ دەکرێت ئەوسا ئێوە نابێ لە گەلیاندا دابنیشن هەتا دەچنە سەر باسێکی تر، واتە دەبێ بە جێیان بهێڵنو دوور بکەونەوە لێیان. چونکە ئەگەر هاتو لە گەلیاندا دانیشتن بەبێگومان ئەو کاتە ئێوە وەك ئەوان حیسابتان بۆ دەکرێت. کاتێك کە دیتتان کەسێك گوناحو تاوانێکی کردو تۆ لە گەلی بێ دەنگ دانیشتبوی بزانە کە حیسابی تۆش لە گەل ئەودا دەکرێتوتۆیش هاوبەشی لەو گوناهوو تاوانە، ئەی تۆ باوەڕدار نیت ئەوە دژایەتی بیرو باوەڕو خوای تۆ نیە؟ چاك بزانە کە تۆ شەریکیتو لەم بارەیشەوە ئەم فەرمودەی پێغەمبەرمان ﷺ دەخەینە بەر چاو کە دەفەرموێ: {مَنْ كَانَ يُؤْمِن بِاللَّهِ وَالْيَوْم الْآخِر فَلَا يَقْعُد عَلَى مَائِدَة يُدَار عَلَيْهَا الْخَمْر /النسائي، احمد، صححه الالباني/ کەسێك کە باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی قیامەت هەبێت هەرگیز لە سەر خواردنێك دانانیشێت کە شەرابی لە سەر دانرابێت} با خۆیشی نەیخواتەوە ئەوە فەرمودەی خواو پێغەمبەر بووﷺ جا تۆیش هەر بڵێ: من حەقم چیە؟! ئینجا دەفەرموێ: بەبێگومان کە ﷻ کۆکەرەوەی هەمو موناففقانو کافرانە لە جهەنمدا. گاڵتە کردن بە ئایینی ﷻ کوفرەو ئەگەر پێشتر باوەڕداریش بێت بەو کوفرە لە بازنەی ئیمان دەردەچێت و ئەو کەسش کە بە مەیلی خۆی لەو شوێنەدا دادەنیشێت کە گاڵتە بە ئایینی خوا دەکرێت جا بەرپەرچیان ناداتەوەو لای کەم بەجێیان ناهێڵێت ئەوە دیارە ئەویش بەوە ڕازیە ئەگەرچی خۆیشی ئەو ئیشە نەکات جا ڕازی بوون بە کوفریش خۆی بۆخۆی کوفرە، بۆیە ئەوانە هەمویان یەك حیسابیان بۆ دەکرێتو هەردووکیان کافرن هەرچەند کابرای موناففق بە ڕواڵەت خۆی بە خاوەن باوەڕدابنێتو ئیدعای موسڵمانیەتی بۆ خۆی بکات، کەواتە لە دنیادا ئاوا لەگەل کافران دا کۆ نەبنەوە تا خوا لە جهەنمدا لەگەڵ ئەواندا کۆتان نەکاتەوە، ئینجا زیاتر موناففقانمان پێ دەناسێنێتو دەفەرموێ:

(١٤١) موناففق ئەوکەسانەن کە هەمیشە چاوەڕێی ڕۆژی ڕەش بۆئێوە دەکەن جا ئەگەر ئێوە لە لایەنی خواوە سەرکەوتنێکتان

ٱلَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ فَإِن كَانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِّنَ ٱللَّهِ قَالُوٓا۟ أَلَمْ
نَكُن مَّعَكُمْ وَإِن كَانَ لِلْكَٰفِرِينَ نَصِيبٌ قَالُوٓا۟ أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ
عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُم مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ
ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ وَلَن يَجْعَلَ ٱللَّهُ لِلْكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا ﴿١٤١﴾
إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ وَإِذَا قَامُوٓا۟ إِلَى
ٱلصَّلَوٰةِ قَامُوا۟ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا
قَلِيلًا ﴿١٤٢﴾ مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَٰلِكَ لَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ وَلَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ ۚ
وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلًا ﴿١٤٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ أَتُرِيدُونَ
أَن تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًا مُّبِينًا ﴿١٤٤﴾ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ
فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾
إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ وَأَصْلَحُوا۟ وَٱعْتَصَمُوا۟ بِٱللَّهِ وَأَخْلَصُوا۟
دِينَهُمْ لِلَّهِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَعَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَسَوْفَ يُؤْتِ ٱللَّهُ

دەست کەوت موناففقان: دەڵێن ئەدی ئێمە لە گەل ئێوەدا نەبووین؟ وە ئەگەر کافرەکان شتێکیان دەست بکەوتایە دەیانوت: ئایا ئێمە زاڵنەبوین بە سەر ئێوەدا؟ ئەوە ئێمە نەبوین کە نهێنیەکانی موسڵمانەکانمان بۆ دەهێنانو پێمان دەگوتن کە بۆ بەرەنگاربونەوەیان چی بکەن؟ وە ئێمەنەبوین کەرێگامان لەباوەرداران دەگرت تادەستیان پێتان نەگات؟دەمان ترساندنو پڕو پاگەندەمان دژی ئەوان بڵاو دەکردەوەو ڕۆحێمان لاواز دەکردن؟ ئا بەم شێوەیە خوای گەورە موناففقان دەناسێنێت بە ئیمانداران‌و دەفەرموێ: ئەوسا چاك بزانن بەراستی ﷻ حوکم دەکات لە نێوانتاندا لە ڕۆژی قیامەتدا، وە کافران بە هیچ شێوەیەك بۆیان نییە خاوەنی دەسەلات بن بە سەر موسڵمانان دا. وە ئەمە بڕیارێکی شەرعییە نە کەونی ، واتە لەشەریعەتی خوادا دەسلاتی کافر بەسەر موسڵماناندا دروست نیە.

(١٤٢) بە بێگومان کە موناففقان دەیانەوێت فێڵ لە خوا بکەن، بەلام ﷻ ئەوان دەخەڵەتێنێت، وە هەر کاتێ هەڵدەستن بۆ نوێژ بە شێوەیەکی تەمەڵانە هەڵدەستن، واتە موناففقەکان نوێژ دەکەن، بەلام بە شێوەیەکی تەمەڵانەو لارە ملێ کەخۆیان پێشانی خەڵك دەدەنو دەیانەوێت کە خەڵك بیان بینێت تا بەو فێڵە جێگای خۆیان لە ناو ریزی موسڵمانان دا بکەنەوە، وە یادی

۞ لَّا يُحِبُّ ٱللَّهُ ٱلْجَهْرَ بِٱلسُّوٓءِ مِنَ ٱلْقَوْلِ إِلَّا مَن ظُلِمَ ۚ وَكَانَ
ٱللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا (١٤٨) إِن تُبْدُوا۟ خَيْرًا أَوْ تُخْفُوهُ أَوْ تَعْفُوا۟ عَن
سُوٓءٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا (١٤٩) إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ
بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا۟ بَيْنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ
وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ
أَن يَتَّخِذُوا۟ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا (١٥٠) أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ
حَقًّا ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا (١٥١) وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَلَمْ يُفَرِّقُوا۟ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ أُو۟لَٰٓئِكَ سَوْفَ
يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (١٥٢) يَسْـَٔلُكَ
أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ أَن تُنَزِّلَ عَلَيْهِمْ كِتَٰبًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ۚ فَقَدْ سَأَلُوا۟
مُوسَىٰٓ أَكْبَرَ مِن ذَٰلِكَ فَقَالُوٓا۟ أَرِنَا ٱللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْهُمُ
ٱلصَّٰعِقَةُ بِظُلْمِهِمْ ۚ ثُمَّ ٱتَّخَذُوا۟ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ
ٱلْبَيِّنَٰتُ فَعَفَوْنَا عَن ذَٰلِكَ ۚ وَءَاتَيْنَا مُوسَىٰ سُلْطَٰنًا مُّبِينًا (١٥٣)
وَرَفَعْنَا فَوْقَهُمُ ٱلطُّورَ بِمِيثَٰقِهِمْ وَقُلْنَا لَهُمُ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْبَابَ سُجَّدًا
وَقُلْنَا لَهُمْ لَا تَعْدُوا۟ فِى ٱلسَّبْتِ وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظًا (١٥٤)

خوا ناكەن مەگەر بە كەمی. لە راستی دا وەسفی خوا بە فێلباز بە روتی دروست نیە، چونكە فێڵ كردن بۆ كەسێكە كە توانایی نەبێ راستەوخۆ ئەوەی ئارەزۆی لێیەتی بیكات بۆیە پەنا بۆ فێڵ كردن دەبات، بەڵام ﷻ هەرچی ئارەزۆی لێ بێت دەیكاتو كەس ناتوانێ رێگای لێ بگرێتو لە كەسیش ناترسێت ئەم وشەی (خدعە، مكر) ە لە بەر هاوشێوەیی ئیشی ئەوان فەرمویەتی، چونكە فێڵ ئەوەیە كابرای فێڵ لێكراو بە خۆی نازانێت تا ئەخرێتە داوەوە دەی هەمو ئیشەكانی خوا هەر وایە، چونكە كابرا نازانێ لە ئایندەدا چی لە گەڵدا دەكرێت تا روودەدات لێی ئینجا بە خۆی دەزانێت، ئینجا خوای گەورە زیاتر پێناسەیان دەكاتو دەفەرموێ:

(١٤٣) ئەمانە دوو دڵن نە بەرەو خاوەن باوەڕان بەراستی دەرۆنو نە بەرەو كافران، بەڵێ بەراستی ئەمانە كۆمەڵێكی فەوتاوو گومڕاو دۆڕاون، وە ئەو كەسەی كە خوای گەورە گومڕاهی بكات تۆ هەرگیز هیچ رێگایەكی تری بۆپەیدا ناكەیت. پێویستە ئەوەش بزانین كە خوای گەورە كەس گومڕا ناكات، مەگەر كابرا خۆی مەبەستی گومڕا كردنی خۆی بێتو هەمیشە رێگای چەوتو نالەبار هەڵبژێرێت، ئەمەش كە بڵێن هەر كەسێك كە خوا گومڕاهی بكات یان هیدایەتی بدات كەس ناتوانێ پێچەوانەی بكات راستە بەڵام ئەمە دوو شتی جیاوازن

یەكەمیان: مرۆڤ خۆی هۆیەتی. دووهەمیان: بە دەست خوایە، بەڵام خوا ئەمەیان ناكات، چونكە سوود لە تاقیكردنەوەدا نامینێت، چاك لەم بابەتە وردبەرەوە چونكە بیروباوەڕتە.

(١٤٤) ئەی ئیمانداران هەرگیز كافران نەكەن بە دۆستی خۆتان بێجگە لە خاوەن باوەڕان ئایا دەتانەوێت بەم ئیشە بەڵگەیەكی ئاشكراو روون بۆ تۆڵەو سزاتان بدەنە دەست خودا؟! كە ئەمە ئیشی دووروەكانە جابۆیە دەفەموێ:

(١٤٥) بە بێگومان كە موناففقان وان لە خواروی ئاگری جهەنمداو بۆ ئەوان هەرگیز هیچ یارمەتی دەرێكت دەست ناكەوێت كە لە سزای ئێمە رزگاریان بكات. بەڵێ بەراستی دوو روەكان زۆر پڕ مەترسینو كۆسپێكی دژوارن لە رێگای موسڵمانان دا جا بۆیە سزای گەورەیان بۆ دانراوە، بەڵام خوا زۆر میهرەبانە ئەو تاوانبارانە ئەگەر تەوبە بكەن خوا لێیان وەرئەگرێت وەك دەفەرموێ:

(١٤٦) مەگەر كەسانێك كە تەوبە بكەنو بگەڕێنەوە بۆ لای خواو بڵێن خوایە ئێمە لەم رەفتارانەماندا بە هەڵە دا چوینو ئیشی باش بكەنو دەست بگرن بە ئایینەكەی خواوە، ئەوسا ئەوانە لە گەڵ ئیمانداران حیسابیان بۆ دەكرێت ودەمێكی ترالله پاداشتێكی گەورە دەدات بە خاوەن باوەڕان، وتراوە: (أَخلِص دِينَكَ يَكفِكَ القَلِيلُ مِنَ العَمَلِ /واتە: باوەڕەكەت پاڵفتە بكەرەوەو خۆت یەك لا بكەرەوە بۆ ﷻ ئەو كاتە بەسە بۆت كردارێكی كەمیش)

(١٤٧) ئەگەر ئێوە شوكری ﷻ بكەنو باوەڕ بهێنن خودا سزادانی ئێوەی بۆچییە؟ وە خوا پاداشتی سوپاسكاران بە چەند بەرامبەر دەداتەوە وزۆر زانایە بە ئیشەكانتان. شوكری بەندە ئەوەیە كە گوێرایەڵی پەروەردگار بكات (الطاعة) شوكری خواش ئەوەی كە بەو عیبادەتە كەمەی كە بەندە دەیكات رازی دەبێتو پاداشتی چەند بەرامبەری پێ بداتەوە (الثواب)

(١٤٨) ﷻ ئاشكراكردنی قسەی ناشیرینو نابەجێو جنێودانی پێ خۆش نیە مەگەر كەسێك ستەم لێكراو بێت ئا ئەم كەسە بۆی هەیە بە بانگەورێ قسە بە كابرای ستەمكار بڵێتو ناوی ستەمەكەی لە ناو خەڵكدا ببات، بەڵام ئەگەر خۆی بگرێتو قسە نەكات ئەوە چاكترە بۆی مەگەر قسە نەكردنەكە ببێت بە هۆی شێرا بونی ئەو ستەمكارە بە سەر خەڵكی تردا لەم حاڵەتەدا باس كردن وناشكرا كردنەكەی باشترە ئەوەش بەو

مەرجە دروستە کە قسەو باسەکەی ئەو لە ستەمی کابرا زیاد نەکات. بەڵێ ئایینی مرۆڤ پەروەری ئیسلام دادپەروەرەو میزانی لە گەردیلەکان بچوکتریش دەخوێنێتەوەو مافی کەس بە سەر کەسەوە ناهێڵێت، لە کۆتاییدا دەفەرموێ: وە خوا بیسەری قسەو گفتوگۆکانتانەو زانەری رەفتارو کردارەکانتانەو هیچی لێ ون نابێت، کەواتە بزانن چی دەڵێن‌و چی دەکەن.

(١٤٩) ئەگەر ئێوە چاکەیەك بە ئاشکرا بکەن یان بیشارنەوە یان چاوپۆشی لە کەسێك بکەن کە خراپەتان لە گەڵدا دەکات بەراستی ئەوە ئەبێتە هۆی نزیك بونەوەتان لە خواو پاداشتی گەورەی ئەو زاتە بەرزو بەرێزە چونکە ئەمە سیفەتێکە لە سیفەتاەکانی خوا کە چاوپۆشی دەکات لە تاوانی بەندەکانی لە گەل ئەوەشدا دەتوانێت کە تۆڵەیان لێ بسێنێت بۆیە بە دوای ئەو رێنماییە بە نرخەدا دەفەرموێ: ئەوسا بەبێگومان کە ﷲ چاوپشی کەرەو خاوەن دەسەڵات. لە فەرمودەدا هاتوە کە{مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ وَمَا زَادَ اللَّهُ عَبْدًا بِعَفْوٍ إِلَّا عِزًّا وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلَّهِ إِلَّا رَفَعَهُ اللَّه /مسلم وغيره / هەرگیز ماڵ کەم نابێتەوە بە هۆی چاکە کردنەوە ، وە خوا هیچ بەندە زیاد ناکات بە بۆنەی چاوپۆشی کردنیەوە لە خەڵك مەگەر زیاتر بەرزی بکاتەوە ، وە هەر کەسێك خۆی نزم بکاتەوە لە بەر خوا، خوا ئەو کەسە بەرز دەکاتەوە} ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(١٥٠) بە بێگومان ئەوانەی کە بێباوەڕ دەبن بە ﷲو بە پێغەمبەرانی‌و دەیانەوێ جیاوازی دروست بکەن لە نێوان خواو پێغەمبەرانی داو دەڵێن: باوەڕمان هەیە بە هەندێك لە پێغەمبەران‌و بێباوەڕین بە هەندێکی تریان، دەیانەوێ بەم شێوەیە لە نێوانە بێباوەڕبوون بە پێغەمبەران بەتەواوی‌و باوەڕداربوون بە هەمویان رێگایەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە بە بێ ئەوەی کەهیچ بەلگەیەکیان بە دەستەوە بێت. جوەکان باوەڕیان بە عیساو بە محمدﷺ نیەو گاورانیش باوەڕ بە پێغەمبەرﷺ ناکەن‌و هەریەکە لەوانەش خۆی بە راست دەزانێت‌و ئەوی تر بەهەڵە، بەڵام خوا دەفەرموێ:

(١٥١) کافر بونی ئەوانە شتێکی راست‌و بێ پێچ‌و پەنایە، وەئێمەش ئامادەمان کردوە بۆ ئەو کافرانە سزایەکی سەرشۆڕکەرو گاڵتەکەر بە سزادراوان. لە پاش باسی کافران‌و پاداشتەکەیان باسی باوەڕداران‌و پاداشتەکەیان دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٥٢) خۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە بە ﷲو بە پێغەمبەرەکانی‌و هیچ جیاوازیەك دروست ناکەن لە نێوان هیچکامیاندا ئەوانە بەم زوانە پەروەردگار پاداشتی کردارە چاکەکانیان دەداتەوەو ﷲ لێبوردەو بە سۆزە بۆ بەندە چاکەکانی‌و پاداشتی چەندان بەرامبەریان دەداتەوەو لە تاوانەکانیان خۆش دەبێت.

(١٥٣) خاوەنی کتێب کە جولەکەو گاورن داوات لێ دەکەن‌و دەڵێن کە تۆ پەڕاوێکمان بۆ بێنە لە ئاسمانەوە کە بە ئێمە فرمان درابێت کە باوەڕ بە تۆ بکەین خوایش دەمکوتیان دەکات‌ودەفەرموێ: خۆ بەراستی ئەم جولەکانە لە موسایش داوای شتی گەورەتریان کردوە واتە ئەگەر ئێستە داوای کتێبی نوسراوی وەك تەورات لە تۆ دەکەن خۆ کاتێ تەوراتی نوسراویش بۆ موسا هات باوەڕیان پێ نەکردو داوای شتی گەورەتریان لێ کردو وتیان خودامان بەئاشکراپێشان بدە واتە سەرت لەم کۆمەڵە چەنە بازو رەخنە گرە سوڕ نەمێنێت ئەمانە هەر لە کۆنەوە ئەم داخوازیە گەورەو پڕ مەترسیانەیان کردوە جا بۆیە دەنگێکی زۆر توندو بە هێز ئەوانی گرت‌و لە ناوی دان بە هۆی ئەو ستەمە گەورەیەی کە کردیان. خوای گەورە درێژە بە رونکردنەوەی وتارو کردارە ناشیرینەکانی جولەکە ئەدات‌و دەفەرموێ: لە پاشان دەستیان دایە گوێرەکە پەرستی دوای ئەوەی کە چەندین بەلگەی رۆشنیان بۆ هاتبوو سەبارەت بەراستی موساو بانگەوازەکەی وەك دەستی‌و عەساکەی‌و شەقی بەحرو خنکانی فیرعەون‌و دەیان بەلگەی رۆشنی تر هەر کە موسا چوو بۆ کێوی توورو قسە کردن لە گەل ﷲ دا تا موسا گەڕایەوە سامیری لەو خشڵەی کە بە دەستیان هێنابوو گوێرەکەیەکی بۆ دروست کردن‌و بانگی کردن بۆ پەرستنی‌و ئەوانیش نە چاوەڕوانی موسایان کردو نە بە گوێی هارون‌و پیاو چاکانی خویانیان کرد گورج دەستیان کرد بە پەرستنی ئەو گوێرەکە دروست کراوەو تا موسا نەگەڕایەوە وازیان نەهێنا کە ئەم باسە بە درێژی لە سورەتی "ئەعراف"و "تاها" دا هاتوە. لە گەل ئەو تاوانە گەورەیەشدا خوای گەورە دەفەرموێ: ئەوسا پاش ئەوەیش ئێمە چاوپۆشیمان لێ کردن‌و ئێمە بەلگەی بە هێزو رۆشنمان دا بە موسا، کە بەشێك لەو بەلگە بە هێزو رۆشنانە ئەوەبوو کە خوا دەفەرموێ:

(١٥٤) جا بەهۆی پەیمانێك کەدایانبو کێوی تورمان بەرزکردەوە بە سەر ئەوانداو وتمان: لەو دەرگای بەیتو لموقەدەسەوە بچنە

فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَٰقَهُمْ وَكُفْرِهِم بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَقَتْلِهِمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ
بِغَيْرِ حَقٍّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ ۚ بَلْ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ
فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٥٥﴾ وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَىٰ مَرْيَمَ
بُهْتَٰنًا عَظِيمًا ﴿١٥٦﴾ وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا ٱلْمَسِيحَ عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ
رَسُولَ ٱللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ
ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّ ۚ
وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًۢا ﴿١٥٧﴾ بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيْهِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا
﴿١٥٨﴾ وَإِن مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِۦ قَبْلَ مَوْتِهِۦ ۖ وَيَوْمَ
ٱلْقِيَٰمَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا ﴿١٥٩﴾ فَبِظُلْمٍ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُوا۟
حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَٰتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ
كَثِيرًا ﴿١٦٠﴾ وَأَخْذِهِمُ ٱلرِّبَوٰا۟ وَقَدْ نُهُوا۟ عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ
بِٱلْبَٰطِلِ ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٦١﴾ لَّٰكِنِ
ٱلرَّٰسِخُونَ فِى ٱلْعِلْمِ مِنْهُمْ وَٱلْمُؤْمِنُونَ يُؤْمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ
أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ ۚ وَٱلْمُقِيمِينَ ٱلصَّلَوٰةَ ۚ وَٱلْمُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ
وَٱلْمُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ أُو۟لَٰٓئِكَ سَنُؤْتِيهِمْ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١٦٢﴾

ژورەوە بە سوجدە بردن بەڵام ئەوان لەوەشدا بە پێچەوانەوە جوڵانەوەو پشتاو پشت چوونە ناو قودسەوەو لە باتی دوعای خێر داوای گەنمو جۆیان دەکرد، وە پێمان وتن: لە رۆژی شەمەدا دەست درێژی نەکەنو پەیمانێکی گەورەمان لێوەرگرتن. کەچی هەر هەموویان شکاندن بۆیە دەفەرموێ:

(١٥٥) جا بە هۆی پەیمان شکاندنیانو کافر بوونیان بە نیشانەکانی ﷲ‎و کوشتنی پێغەمبەران بە بێ تاوانو بەهۆی ئەوقسەوە کە دەیان وت: دڵمان داخراوەو هیچ قسەیەك نابیسینو پێویست ناکات قسەمان بۆ بکەن، لە راستی دا ئەوان کەڕ نەبوون بەڵکو خوا دڵەکانیانی مۆر کردبوو بە هۆی ئەو هەمو کوفرو تاوانانەوە کە دەیان کرد کەواتە ئەوان باوەڕ ناهێنن مەگەر کەمێکیان، یان باوەڕ ناهێنن مەگەر بە چەند شتێکی کەم لەم ئایینەو ئەوەی کە بۆ خۆیان بە سوودی بزانن، ئاشکرایە کە ئەمەش شتێکی ناڕەوایەو لێیان وەرناگیرێت. ئینجا خوا زیاتر پێ ئاسەیان دەکاتو دەفەرموێ:

(١٥٦) هەر بە هۆی کوفریانو ئەو قسە ناشیرینەی کەئەوان دەیانکرد دەربارەی مریەم کە بۆختانێکی گەورەیان بۆ هەڵبەستبو کەدەیان وت: زینای کردوە، پەنا بە خوا.

(١٥٧) هەروەها دڵەکانیان مۆر کرا بە هۆی ئەو قسە ناشیرینانەی کە دەیان وت: بە بێگومان ئێمە عیسای کوڕی مریەم کە پێغەمبەری خوا بو کوشتووە، لەکاتێکدا نە کوشتیانو نە هەڵیان واسیوە بەڵام لێیان گۆڕا، وە بێگومان ئەو کەسانەی کە ناڕێکیان هەبوو سەبارەت بە کوشتنی عیسا ﷷ خۆیان کەوتنە گومانەوە لەم بارەیەوە بەراستی ئەوان هیچ زانیاریەکی راستیان لانەبو تەنها پەیڕەویان لە گومانەوە دەکرد، تەنانەت بکوژەکانیش هەر بە گومان وتیان عیسایە ئەگینا هیچ بەڵگەو زانیاریەکی راستیان لە لا نەبوو خۆیشیان بە گومان بوون کە ئەمەی کوشتویانە ئایا عیسایە یان نە. وتراوە کاتێ کە چوونە سەر عیساو گەمارۆیان دا عیسا وتی: کێ دەیەوێ ئێستا شێوەی منی بە سەرا بکشێت ئەوە دەبێ بە رەفیقم لە بەهەشتدا؟ لاوێك هەستایە سەر پێو وتی: من دەمەوێ، بەڵام چونکە تەمەنی مناڵ بوو جارێکی تر دوبارەی کردەوە دیسان هەمان لاو وتی: من. جاری سێهەم قسەکەی دووبارە کردەوە دیسان هەرئەو لاوە هەستاو وتی: من. ئینجا خوای گەورە شێوەی لاوەکەی وەك عیسا لێ کردو عیسای لە کلاو رۆشنەی ئەو هودەوە هەڵکێشا پاش ئەوەی کە خەوێك هات بە سەر عیسا داو بردی بۆ ئاسمان جا کاتێ کە ئەو بەرز کرایەوە ئەو چەند کەسەی کە لە گەڵ عیسا دا بوون هاتنە دەرەوەو هێرش کەرانیش ئەو لاوەی کە وێنەی عیسای بە سەردا کێشرابوو بە عیسایان زانیو گرتیانو کوشتیانو هەڵیان واسیو بەم شێوەیە ﷲ‎عیسای بەرز کردەوەو ئەو تاوانبارانەیش ئەو لاوەیان شەهید کردو وتیان: عیسامان کوشتوەو گاورەکانیش باوەڕیان کرد بێجگە لەو چەند کەسە راستە نەبێ کە خۆیان بە چاوی خۆیان رزگار بوونو بەرز بونەوەی عیسایان دیتو زانیان کە ئەو کوژراوەیش رەفیقی خۆیان بوەو عیسا نەبوە، جا قورئان هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرمانﷺو هەموویانی بە درۆ خستەوەو فەرموی: وە بە دڵنیاییەوە ئەوان عیسایان نەکوشتوەو جوەکانیش خۆیان لە بارەی کوشتنی عیساوە دڵنیا نەبوون، ئینجا خوا زیاتر بە درۆیان دەخاتەوەو دەفەرموێ:

(١٥٨) بەڵکو خوا بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی، وە خوا خاوەنی دەسەڵاتەو ئیشەکانیشی بە حیکمەتە. چەندین فەرمودە لەم بارەیەوە هەیە واتە لە بارەی عیساﷷ کە راسترین قسە ئەمەیە کە خوای گەورە عیسای بەرز کردوەتەوە بۆ ئاسمان و لە ژیاندایە، لە کاتێك دا کە دەجال دێو ئەوەی کە خراپە پەیڕەوی دەکاتو لەشکری موسڵمانان خەریکی نوێژی بەیانی

دەبن‌و قامەت دەکەن لەو کاتەدا عیسا دێتە خوارەوە جا ئیمام لە شوێنی خۆی دێتە پاشەوە داوا لە عیسا دەکات کە بێتە پێشەوە، عیسا دەفەرموێ: نەخێر قامەت بۆ تۆ کراوەو ئەم ئومەتە دەبێ ئیمامی لە خۆی بێت جا عیسا ئیقتیدا بەو ئیمامە دەکات، ئینجا دوای دەجال دەکەوێت لە جێگایەکی فەلەستین بە ناو (باب لد) دەیگاتێ‌و دەیکوژێت‌و پاش ماوەیەك عیسا وەفات دەکات، ئینجا پێش وەفاتی عیسا باج‌و خەراج لادەبات‌و دەستور دەدات جا هەرچی بەرازە دەکوژرێت‌و هەرچی سەلیبە دەشکێندرێت،

ئینجا هیچ کەسێك نامێنێت تەنها ئەو کەسە نەبێت کە باوەڕیان بە پێغەمبەرﷺ هەبێت وە بۆ ماوەی چل ساڵ ئەودەسلاتە دەژیت‌و هیچ حەیوانێکی ژەهراوی ژەهری نامینێ‌و منالْ یاری بە مار دەکات‌و گورگ‌و مەڕ بە یەکەوە دەلەوەڕێن واتە سەر ئەنجام ئەم دینە سەر دەکەوێت بە سەر تەواوی دینەکانی تردا ماوەیەکیش پاش عیسا بەو شێوەیە دەبێت، ئینجا خوای گەورە بایەك هەڵدەکات‌و هەرکێ بڵێت (لا اله الا الله) بەو بایە دەمرێت وەکو نەخۆشی ئاڵەمەت (الزکام) جا تەنها فاجرو فاسد وخراپەکان کە لە ترسا تا ئەم کاتە خۆیان لە ناو ریزی موسڵمانان دا شاردبویەوە دەمینێت‌و دەست دەدەنە خراپەکاری‌و تاوان بە شێوەیەك کە وەك گوێ درێژ سواری یەکتر دەبن جا بە سەر ئەم گەلە پیسەدا دنیا وێران نەبێت؟!

(١٥٩) وە هیچ کەسێك نیە لە ئەهلی کتێب مەگەر باوەڕ دێنێت بە عیسا لە پێش ئەوەی کە عیسا بمرێت واتە کاتێك کە عیسا دادەبەزێت گاورو جوەکانی ئەو کاتە هەمویان ئیمانی پێ‌دێنن، ئەمەش بەم مانایە بەڵگەیەکی بەهێزە لە سەر ژیان‌ومانی عیسا تا دێتە خوارەوە.

هەندێك دەڵێن: ئەو (ه) لە وشەی ﴿مَوۡتِهِۦ﴾ بۆ ئەهلی کتێبە دەچێتەوە واتە هەموو ئەهلی کتێب بەر لەوەی کە بمرن باوەڕ دەهێنن بە عیسا ئەمەش لە سەرە مەرگیاندا دەبێ چونکە بۆیان دەردەکەوێت کە عیسا راست بوەو ئەوان هەردوو لە سەر هەڵە بوون بەڵام ئەم باوەڕ هێنانە سودی نابێ بۆیان، ئینجا دەفەرموێ: وە لە رۆژی قیامەتدا عیسا لە سەر ئەوان شایەت دەبێت، کە ئەوان راستیان نەکردوە، وەکو لە سورەتی مائیدە دا دەفەرموێ: خوای گەورە بانگ دەکاتە عیساو پرسیاری لێ دەکات، کە ئایا تۆ وتوتە جگە لە ﷲ، من ودایکیشم دوو خوداین؟ لە وەڵامدا دەڵێ: یا رەبی تۆ ئاگاداری من چیم پێ وتون، من قەت قسەی ناڕەوام پێ نەوتوون ، وە ئەگەر من قسەیەکی وام کردبێت تۆ دەزانیت، وە ئەم قسەو گفتوگۆیە لەو سورەدا دێت ان شاء الله. ئینجا خوای گەورە هەر درێژە بەباسی ئەو تاوانانەی خاوەن کتێبان دەدات‌و تاوانێکی ترمان بەم شێوەیە بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٦٠) جا ئەو کەسانەی کە جولەکەبوون هەر بە هۆی ستەمێکەوەو زۆر رێگا گرتنیان لە بڵاوبوونەوەی ئایینی ﷲ دا ئێمە چەندین شتی پاکمان لێ حەرام کردن کە ئەو حەرامانە لە پێشدا حەڵاڵ بوو بۆیان وەك گۆشت‌و شیری حوشترو چەند شتێکی تر وەك لە سورەتی (انعام : ١٤٦) دا هاتوە.

(١٦١) ئەوسا بە هۆی ریبا وەرگرتنیانەوە لە کاتێکدا بێشك ئەوان کاتی خۆی لەو رەوشتە ناپەسەندە بەرگری کرابوون، وە بە هۆی ئەوەی کە ماڵی خەڵکیان بە ناڕەوا دەخوارد، بۆیە ئێمەش بۆ ئەوانەی کە بێ‌باوەڕ بوون لەوان سزایەکی دەردناکمان بۆ ئامادە کردون. چونکە ئەوان خۆیان بە (شعب الله) موختار دەزانی‌و پێیان وابو کە ئەو زەوی‌و ئاسمانە بۆ ئەوان دروست کراوەو لە دەستی هەر کەسێکدا بێت مافی خۆیانە کە لێی بسێننەوەو بیخۆن‌و بە حەڵاڵیان دەزانی، جا شتێکی بەڵگە نەویستە کە ئەم خاوەن کتێبانە وەك یەك نین‌و خوای داناو دادپەروەر تاوانی کەس لە سەر کەس دانانێت، ئەوەتە لێرەش جیایان دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(١٦٢) بەڵام ئەوانەی لەوان کە زۆر چوونەتە خوارەوە لە عیلم‌و زانینداو باوەڕدارن، باوەڕیان هەیە بەوەی کە رەوانە کراوە بۆ تۆ ئەی محمدوﷺ بەوەی کە رەوانە کراوە لە پێش تۆدا وەك تەورات‌و ئینجیل‌و زەبورو سەحیفەکان‌و بە تایبەت ئەوانەی کە نوێژ دەکەن‌و ئەوانەی کە زەکات دەدەن چ زەکاتی ماڵ بێت چ زەکاتی گیان، وە ئەوانە کە باوەڕیان بە ﷲو بە رۆژی دوایی هەیە ئائەوانە بەم زوانە پاداشتێکی گەورەیان پێ دەدەین.
وشەی ﴿وَٱلۡمُقِيمِينَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ جیا کراوەتەوە لەوانی تر لە سەرو ژێردا بۆ زیاتر بایەخدانە بە نوێژ، چونکە نوێژ کۆڵەکەی ئاینەو دەرمانێکی بە سودو ئارام بەخشە بۆ خاوەن باوەڕان بە تایبەت لە کاتی تەنگانەو گیرو گرفتدا ئەوان بە بۆر (مرفوع) دەخوێنرێنەوە بەڵام ئەم بە سەر (منصوب) دەخوێنرێتەوە کە مەفعولە بۆ فعلێکی وەك (اَمدَحُ یان اَخُصُ).

۞ إِنَّآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ كَمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ نُوحٍ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعْدِهِۦۚ
وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ
وَٱلْأَسْبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيْمَٰنَۚ
وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا ﴿١٦٣﴾ وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَٰهُمْ عَلَيْكَ
مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ
تَكْلِيمًا ﴿١٦٤﴾ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ
لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا
﴿١٦٥﴾ لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشْهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيْكَۖ أَنزَلَهُۥ بِعِلْمِهِۦۖ
وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَشْهَدُونَۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿١٦٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ قَدْ ضَلُّوا۟ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا
﴿١٦٧﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَظَلَمُوا۟ لَمْ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا
لِيَهْدِيَهُمْ طَرِيقًا ﴿١٦٨﴾ إِلَّا طَرِيقَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًاۚ
وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿١٦٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُمُ
ٱلرَّسُولُ بِٱلْحَقِّ مِن رَّبِّكُمْ فَـَٔامِنُوا۟ خَيْرًا لَّكُمْۚ وَإِن تَكْفُرُوا۟
فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٧٠﴾

(١٦٣) به بێگومان ئەی محمد ﷺ ئێمە وەحیمان کردە لای تۆ هەروەك چۆن وەحیمان کردوتەوە لای نوحو ئەو پێغەمبەرانەی کە لە پاش نوح بوون، واتە ئەمەی تۆ شتێکی تازە نیە، وە هەوەرها بۆ ئەمانە هەمویان کە ئیبراهیمو ئیماعیلو اسحاقو یعقوبو ئەسباتو عیساو ئەیوبو یونسو هارونو سلیمانە وەحیمان کردوەو زەبوریشمان داوە بە داوود ﷺ . وەحی بریتیە لە ناردنی پەیامی خوا بۆ پێغەمبەران کە شێوەی جیا جیای بوە.

(١٦٤) خۆچەندین پێغەمبەر بوون لە پێش تۆدا ئەی محمدﷺ کە داستانی ئەوانمان بۆ باس کردویتو چەندین پێغەمبەری تر بوون کە باسی ئەوانمان نەکردوە بۆت، واتە مەرج نیە کە ئێمە باسی هەموو پێغەمبەرێك بۆ تۆ بکەین، وە خوای گەورە راستەوخۆ گفتوگۆی کرد لە گەل موسادا لە کێوی "تور" ئەوە بوو فەرموی: ئەی موسا بەراستی من پەروەردگاری تۆم. هەروەها دوای ئەوە کە موسا لە ناو قەومەکەی چوو بۆ گفتو گۆ لە گەل خوادا گفتو گۆی لە گەل کرد بەشێك لەو گفتوگۆیەش ئەوەبو فەرموی: چ شتێك وا پەلەی بە تۆ کرد کە پێش گەلەکەت بکەویت ئەی موسا؟ ئەمەو ئایەتی پێشوو کەدرێژەی گفتوگۆکانە لە سورەتی (طه) دا دەبیسی ان شاء الله.

(١٦٥) ئێمە ئەم پێغەمبەرانەمان ناردوون تا ئەوان موژدە بدەن بەو کەسانە کە ئیشی باش دەکەن بە بەهەشت وە بترسێنن بە ئاگری جهەنم ئەو کەسانەی کە خراپە دەکەن بۆیە پێغەمبەرانیشمان بەم شێوەیە ناردوە تا ئیتر بۆ هیچ کەسێك بەهانە نەمێنێت لە لای ﷲ کە بلێن: خوایە ئێمە نەمانزانیوە، وە ﷲ دەسەلاتدارو دانایەو هەمو فرمانو بڕیارو ئیشەکانی بەدانایی داناوە. ئینجا بۆمان دەرکەوت کە ئەم پێغەمبەرانە هەمویان بۆ یەك مەبەستی گرنگ هاتوون ئەویش رێی پێشاندانو رێنمایی خەلکە بۆ یەکتاپەرستیو نەهێشتنی بەهانەو رون کردنەوەی حەقو ناحەقە وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {الأَنْبِيَاءُ إِخْوَةٌ مِنْ عَلاَتٍ وَأُمَّهَاتُهُمْ شَتَّى وَدِينُهُمْ وَاحِدٌ/مسلم/ هەموو پێغەمبەران برایانی یەك بەرە بابن، بەلام دایکانمان جیایە وە رێبازەکەیان یەکە} ئایین هەموی ئایینی خودایەو بەرنامەو عەقیدەی هەمویان یەکە بەلام لە فروعات فەرقیان هەیە جا بۆ داکۆکی کردن لە سەر راستی قورئان دەفەرموێ:

(١٦٦) بەلام ﷲ خۆی شایەتی دەدات سەبارەت بەو شتەی کە رەوانەی کردووتە لای تۆ کە حەقو راستە، لە سەر بناغەی زانیاری و ئاگاداری خۆی ئەم قورئانەی ناردوە بۆ تۆو هەروا بەگۆترە نیە واتە ئەو زاتە گەورەیە هەروا ئەم قورئانەی نەناردوە کە نەتوانێ گیرو گرفتەکان چارەسەر بکات بۆ ئەم گەلە هەتا قیامەت جا ئەمە بەرپەرچ دانەوەی ئەو کەسانەیە کە دەلێن: ئایینی ئیسلام بە دەردی ئەمرۆ ناخوات (پەنا بە خوا) واتە خوا ئاگای لە ئەمرۆ نەبوە، جا با ئەمانە شایەتی بۆ راستی قورئان نەدەن خوا خۆی و فریشتەکانیش شایەتی دەدەن لە سەر راستیو دروستی ئەم قورئانە. ئە گەرکەسێك کە خاوەنی شعوری هەبێت بەسە کەخوا خۆی شایەت بێت. بەلێ بەراستی زانیاریەکی وا لەناو قورئاندایەلە هیچ پەڕاوێکی تردا نەبوەو نابێت جا زۆرێك لە دانیشمەندانی راستەقینە هەر بە وردبوونەوە لەم قورئانە پایەبەرزە باوەڕیان هێناوەو دەیهێنن، جا با نەفامان هەر لەمانگ بوەڕن، وتراوە"دەریا بەدەمی سەگ گلاو نابێت" ئینجا خوا بڕیاری خۆی سەبارەت بە بێباوەران بەم قورئانە رادەگەیەنێتو دەفەرموێ:

(١٦٧) بە بێگومان ئەوکەسانەی کە کافرنو دەبن بە پەرچ لە رێگای خواداو ناهێلن خەلك لە سەر رێگای خوادا بڕوات

بەراستی ئەوانە گومڕا بوون بە گومڕاهیەکی دوور لە ڕاستی. دوبارە دەفەرموێ:

(١٦٨) بە دڵنیاییەوە ئەوکەسانەی کە کافرن‌و ستەمیان کردوە ئانەمانە ئیتر ﷲ لێیان خۆش نابێت‌و بۆ هیچ ڕێگایەك ڕێنماییان ناکات.

(١٦٩) مەگەر بۆ ڕێگای جەهەنم کە بۆ هەمیشەیی لەو جێگە ناله بارەدا دەمێننەوە، و ە ئەمە لەلای ﷲ شتێکی زۆر ئاسانە، بە فرمانێکی ئەو زاتە هەمو شت جێ بە جێ دەکرێت.

(١٧٠) ئەی خەڵکینە بەراستی ئەم پێغەمبەرە لەلایەن پەروەردگارتانەوە هاتوەتە لاتان کە بەڵگەی ڕاستی‌و دروستی خۆی پێیە کە ئەم قورئانەیە دەی باوەڕ بهێنن ئەوە چاکە بۆتان ، وە ئەگەر کافریش بن ﷲ هیچ زیانێك ناکات‌و شتێك لە موڵکی ئەو کەم نابێتەوە چونکە بەبێگومان ئەوەی کە لە ئاسمانان‌و زەوی دایە هەموی موڵکی خوایە و خوا عیلمی هەیەو بڕیارەکانی لە سەر زانینەو ئیشەکانیشی دانایانەیە. دەی تا کەی ئەی مرۆڤ بیر لە خۆت ناکەیتەوەو سەری بەندایەتی بۆ پەروەردگاری زاناو دانای خۆت نەوی ناکەیت؟ خۆکاتەکانی تەمەنت بە پەلەو بێ پسانەوە بەرەو تەواو بون دەڕوات هەتا دەرفەت هەیە فریای خۆت بکەوەو پەشیمانی ئێستەت چاکەو سبەینێ قەپ لە دەستی خۆت ئەگریت‌و (يَالَيتَنِي. .. يَالَيتَنِي) دەڵێیت‌و هیچ سودیشت پێ نادات.

(١٧١) ئەی ئەهلی کتێب زیادە ڕەوی مەکەن لە دینەکەتانداو جگە لە شتی ڕاست‌و دروست شتێکی تر نەڵێن لە بارەی خوداوە، عیسای کوڕی مریەم تەنها هەر پێغەمبەری خوایەو کەلیمەی خۆیەتی کە ناردویەتێ لای مریەم‌و گیانێکە لە لایەنی خۆیەوە سا ئێوەش باوەڕ بهێنن بە خواو بە پێغەمبەرکانی‌و هیچ جیاوازیەك دروست نەکەن لە نێوانیانداو هەرگیز نەڵێن سێ خودان واتە مریەم‌و عیساش لەگەڵ ﷲ دا بە خوا مەزانن واز بهێنن لەو بیروبۆچونە خراپە هەر ئەوە چاکە بۆتان، تەنهاﷲ تاکە پەرستراوی ڕاستەقینەیە، پاك‌و بێ عەیبەو بێنیازەیشە لەوەی کە ئەو منداڵی هەبێت، ئەوەش کە لە ئاسمانان‌و زەوی دایە کە عیساش یەکێکە لەوانە موڵکی خوایە دەی موڵك چۆن دەبێت بە منداڵی خاوەنی، چونکە منداڵ هەمیشە هاوبەشە لە گەل باوکیدا خاوەنی هێزەو بۆی هەیە دەست بخاتە ناو کارو باری باوکیەوە، بەڵام موڵك نە هاوبەشی خاوەنیەتی‌و نەتوانای بەرامبەری کردنی خاوەنی هەیە، وە

يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَـٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ
عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ
ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ
وَرُسُلِهِۦۖ وَلَا تَقُولُواْ ثَلَٰثَةٌۚ ٱنتَهُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ إِنَّمَا ٱللَّهُ إِلَٰهٞ
وَٰحِدٞۖ سُبۡحَٰنَهُۥٓ أَن يَكُونَ لَهُۥ وَلَدٞۘ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا (١٧١) لَّن يَسۡتَنكِفَ
ٱلۡمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبۡدٗا لِّلَّهِ وَلَا ٱلۡمَلَـٰٓئِكَةُ ٱلۡمُقَرَّبُونَۚ
وَمَن يَسۡتَنكِفۡ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَيَسۡتَكۡبِرۡ فَسَيَحۡشُرُهُمۡ
إِلَيۡهِ جَمِيعٗا (١٧٢) فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَٰتِ
فَيُوَفِّيهِمۡ أُجُورَهُمۡ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ
ٱسۡتَنكَفُواْ وَٱسۡتَكۡبَرُواْ فَيُعَذِّبُهُمۡ عَذَابًا أَلِيمٗا وَلَا
يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا (١٧٣) يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ
قَدۡ جَآءَكُم بُرۡهَٰنٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ نُورٗا مُّبِينٗا (١٧٤)
فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَٱعۡتَصَمُواْ بِهِۦ فَسَيُدۡخِلُهُمۡ
فِي رَحۡمَةٖ مِّنۡهُ وَفَضۡلٖ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَيۡهِ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا (١٧٥)

بەسە کە ﷲ پشتیوان بێت بۆ مرۆڤ. بەراستی مرۆڤ جگە لە ﷲ پێویستی بە کەسی تر نیە ئەگەر خۆی‌و خالقی خۆی بە چاکی بناسێت. پاشان جارێکی تر بەرپەرچی ئەوانە دەداتەوە کە دەڵێن عیسا خوایە جارێکی تر دەم کووت دەکرێن‌و دەفەرموێ:

(١٧٢) هەرگیز مەسیح خۆی بە گەورە ناگرێت و پێی عەیب نیە کە ئەو بەندەیەکی خوا بێت‌و فریشتە گەورەو نزیکەکانیش هیچ کامیان خۆیان بە گەورە ناگرن سەبارەت بە بەندایەتی کردنی خودا، وە ئەو کەسەی کە خۆی بگرێتەوە لە بەندایەتی خواو لوت بەرز بێت‌و خۆی بە گەورە بزانێت بەم زوانە خوا هەمویان کۆ دەکاتەوە لە لای خۆی و بە هەر کەسێکیش بەگوێرەی کرداری خۆی سزا یان پاداش دەدات. وە ستەم لە کەس ناکات‌و کەسیشی لێ ناشارێتەوە وەك دەفەرموێ:

(١٧٣) ئەوسا ئەوکەسانەی کەوا باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە بەم زوانە خوا پاداشتیان دەداتەوە بە ڕێك وپێکی‌و زیادیش دەکات بۆیان لە نیعمەتی خۆی واتە چەند ئیشیان کردوە بێ کەم کردنەوەی پاداشیان پێ دەدرێتەوە، سەرەڕای ئەوەش بە لوتفو بەخشندەیی خۆی چەندین بەرامبەر زیادەیشیان پێ دەدات. وە ئەو کەسانەی کە خۆیان

يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي ٱلْكَلَٰلَةِ ۚ إِنِ ٱمْرُؤٌا۟ هَلَكَ
لَيْسَ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَهُۥٓ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ ۚ وَهُوَ يَرِثُهَآ
إِن لَّمْ يَكُن لَّهَا وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَتَا ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا ٱلثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ ۚ
وَإِن كَانُوٓا۟ إِخْوَةً رِّجَالًا وَنِسَآءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ ۗ
يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ أَن تَضِلُّوا۟ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ ﴿١٧٦﴾

٥ سُورَةُ المَائِدَةِ ١٢٠

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَوْفُوا۟ بِٱلْعُقُودِ ۚ أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ
ٱلْأَنْعَٰمِ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ غَيْرَ مُحِلِّى ٱلصَّيْدِ وَأَنتُمْ حُرُمٌ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ
يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ ﴿١﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُحِلُّوا۟ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ
وَلَا ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَلَا ٱلْهَدْىَ وَلَا ٱلْقَلَٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلْبَيْتَ
ٱلْحَرَامَ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَٰنًا ۚ وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُوا۟ ۚ
وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ
ٱلْحَرَامِ أَن تَعْتَدُوا۟ ۘ وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟
عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢﴾

گرتوەتەوە لە بەندایەتی خواو خۆیان بە گەورە زانیوە کە گەردنکەچی فەرمانی خوابن ئەوسا خوا سزایان دەدات بە سزایەکی زۆر دەردناكو هەرگیز بۆ ئەوانە بێجگە لە ﷲ هیچ دۆستێكو هیچ یارمەتی دەرێك نیە کە لە سزای پەروەردگار بیانپارێزێت. پاش ئەوەی کە دەمکوتی گاورەکانی کرد سەبارەت بە عیسا ؑو خوایەتیو کوڕیەتی عیسای هەڵوەشاندەوە کە بیروڕای گاورەکانە بۆ جارێکی تر هەمو خەڵك بەرەو دواترین پەیام وبەرەو دواترین پێغەمبەر ﷺ بانگ دەکاتو دەفەرموێ:

﴿١٧٤﴾ ئەی خەڵکینە لەهەر کوێدا هەی بە بێ جیاوازی نژادو ڕەنگو زمان بەراستی بەڵگەی ڕونو ئاشکرا لە لایەن پەروەردگارتانەوە هاتوەتە لاتان کە پێغەمبەری خوایەﷺو روناکییەك کە روناك کەرەوەی ڕاستو ناراستیە رەوانەمان کردوەتەلاتان. بەراستی ئەگەر مرۆڤ دەست بگرێت بەم دوانەوە کە قورئانو سونەتە هەرگیز گومڕاوو سەرلێ شێواو نابێت.

﴿١٧٥﴾ جا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو دەستیان گرتوە بە دینەکەی خوا ئەوسا بەم زوانە دەیانخاتە ناو ڕەحمەتی خۆیو زیاتریشەوەو لە دنیادا ڕێنماییان دەکات بۆ ڕێگای ڕاست کە بەرەو خۆی دەیان بات. واتە دەبێ مرۆڤ خۆی هەوڵ بداتو تەلاش بکات بۆ پەیڕەوی کردنی فەرمانەکانی خواو دەست بگرێت بە ئایینەکەیەوە، ئینجا خوا ڕۆشنی دەکاتەوەو زیاتر ئاشنا تری دەکات بە ئیسلامو ئایین نەك پاڵی لێ بداتەوەو بڵێت خوا بە ڕەحمە، ئینجا کۆتایی سورەتەکە دەلکێنی بەسەرەتاکەیەوە کە سەبارەت بە دروست بونی مرۆڤو بڵاو بونەوەیو دابەش کردنی میرات بوو جا لێرەش دەفەرموێ:

﴿١٧٦﴾ داوای فتوات لێدەکەن لە بارەی کەلالەوە پێیان بڵێ: خوا فتواتان بۆ دەدات لەو بارەوە، ئەگەر مرۆڤێك مرد کە نەدایكو باوكونەمناڵی خۆی ونە کوڕەزای هەبوو بەڵام خوشکێکی هەبوو جا ئەو خوشکە نیوەی ئەوەی کە بە جێ ماوە لە براکەی دەبات، وە بەپێچەوانەوە ئەوبرایەش میرات دەبات لەوخوشکەی ئەگەر ئەوخوشکەی مرد نەدایكو باوكونەمناڵی خۆی ونە کوڕەزای هەبو، جا ئەگەر ئەو خوشکانە دووان بون ئەوانە دوو بەش لە سێ یەکی ئەوەی کە بە جێ ماوە دەبەن وە ئەگەر هاتو خوشكو برا تێکەڵاو بوون ئەوە بۆ هەر نێرێك دوو بەرامبەری مێیەك لەومیراتە هەیە، ﷲ ئاوا بە جوانی بۆتان ڕۆشن دەکاتەوە تا ئێوە گومڕا نەبن، وە خوا زانیاری بە سەر هەمو شتێکدا هەیە. بەم ئایەتە دەوترێت ئایەتی هاوین چونکە لە هاوین دا دابەزیوە، هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە جابیر دەڵێت: پێغەمبەری خوا هاتە لام کە من نخۆشبومو هۆشم بە خۆم نەبوو پێغەمبەرﷺ دەست نوێژی گرتو ئاوەکەی ڕژاند بە سەرما یان فەرموی: بیرژێنن بە سەریاو هۆشم کردەوەو وتم: من بە کەلالە نەبێ میراتم لێ نابرێت ئیتر میراتم چۆن دابەش دەکرێت؟ . لە پێشەوە باسی کەلالەمان کرد ئەو کەسەیە کە دایكو باوكو ئەولادی نەبێت . جابیر دەڵێت: جا ئایەتی دابەش کردنی کەلەپور دابەزی. تەواوبو(ولله الحمد)

٥ سورەتی مائیدە ١٢٠

سورەتی مائیدە کە سورەتی پێنجەمی قورئانە، سەدوبیست ئایەتە، لە مەدینە هاتوەتە خوارەوە، گومانی تێدا نیە کە هەندێ لە ئایەتەکانی لە ڕۆژی عەرفە لە ساڵی حەجی ماڵئاوای پێغەمبەردا ﷺ دابەزیوە. ئەسمای کچی یەزید دەڵێ: { إِنِّي لَآخِذَةٌ بِزِمَامِ الْعَضْبَاءِ نَاقَةِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذْ أُنْزِلَتْ عَلَيْهِ الْمَائِدَةُ كُلُّهَا فَكَادَتْ مِنْ ثِقَلِهَا تَدُقُّ بِعَضُدِ النَّاقَةِ/ احمد.وصححه الباني/ بەڕاستی من ڕەشۆی (عضباء)ی وشتری پێغەمبەری خوام گرتبوو کە لەو کاتەدا سورەتی (مائدة)ی بە تەواوی بۆ پێغەمبەر ﷺ نێررا کە

خەریك بوو قۆڵی وشترەکە بشکێت لە قورسی ئەو سورەتە}

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە وەفا بکەن بەو عەهدو پەیمانانەی کە لە بەینی خۆتاندا دەیبەستن‌و مەیشکێنن، حەڵاڵ کراوە بۆتان خواردنی گۆشتی مەڕو بزن‌و مانگاو حوشتر بەنێرو مێیانەوە بێجگەی لەوەی کە لە مەولا دەخوێنرێتەوە بەسەرتاندا، وە لەحاڵێکدا کە لەئیحرامدان راوی نێچیر نەکەن بە بێگومان ﷲ حوکم دەکات بەو شتەی کە خۆی ئیرادەی لێیەو کەس ناتوانێت رێگای لێ بگرێت چونکە ﷲ دەسەڵاتداری باشکۆیەو هەر خۆی خاوەنی ئیختیاری تەواوەو پرسیار ناکرێت لە خوا کەچی دەکەیت، بەڵکو دروستکراوەکانن پرسیاریان لێ دەکرێت وشەی ﴿ءَامَنُوٓاْ﴾ هەر کاتێ بە رەهایی فەرموی، واتە ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە بەو شتانەی کە پێویستە لە سەریان وەکو باوەڕ بوون بە خواو بە رۆژی دوایی‌و بە فریشتەکان‌و بە کتێبەکانی خواو بە پێغەمبەران‌و بە قەزاو قەدەر. لەفەرمودەدا هاتوە کابرایەك کە ئیحرامی بەست، نە بۆی هەیە خۆی راو بکات‌و نە کەسێکیش بۆی هەیە بە ناوی ئەوەوە ڕاو بکات جانەگەر بە ناوی ئەویشەوە راو کرا نابێ گۆشتەکەی بخوات.

کابرایەك هاتە لای عەبدوڵا ی کوڕی مەسعودو وتی: ئامۆژگاریەکم بکە ، وتی: هەر کاتێ بیستت کە خوا فەرموی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾ چاك گوێی بۆ بگرە، چونکە یان فرمانت پێ دەکات بە کردنی ئیشێکی چاك یان بەرگریت دەکات لە ئیشێکی خراپ. زوهری دەڵێ: هەر کاتێ خوا فەرموی:﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾ ئەی باوەڕداران ئەو شتە ئەنجام بدەن ئەوە پێغەمبەریش خۆی یەکێکە لەو خاوەن باوەڕانەو رووی قسەش لەوە. پێویستە بزانین کە ئیمان وەختێك تەواوو سود بەخشە کە بە تەواوی خۆت بدەیتە دەست خواو بە عیشق‌و عەلاقەوە ئامادەی ئەنجام دانی فرمانەکانی ببیت نەك بە زۆرە ملێ‌و لە کۆڵ کردنەوە بێت.

(٢) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەو دروشمە دیاری کراوانەی ﷲ کە قەدەغە کراون نابێ بە رەوایان دابنێن‌و نابێ مانگە قەدەغە کراوەکان کە(ذوالقعدةو ذوالحجةو محرم) کەئەم سێ مانگە بەیەکەوەن‌و (رجب) کە دەکەوێتە نێوان جمادا وشەعبان) شەڕیان تێدا بکرێت‌و حورمەتیان بشکێت بەڵێ، دەبێ سنورەکانی شەرع بپارێزرێت‌و نابێ رێزی هیچ شتێکی ئایینی بشکێنرێت بەتایبەت دروشمەکانی حەج، وە ئەو حەیوانەی کە پێی ئەوترێت (هدی)و حاجیان دەیبەن بۆ حەج لە گەل خۆیاندا نابێ دەست درێژیان بکەنە سەرو پێویستیشە گەردن بەنیان بکرێتە مل‌و دیاری بکرێن تا کەس تەماعیان تێ نەکات‌و دەست درێژیان نەکرێتە سەر تا ئەگەنە شوێنی خۆیان‌و سەر دەبرێن ، وەئەوانەی کە لە (بيت الحرام)دان نابێ ریزیان بشکێنرێت‌و دەست درێژیان بکرێتەسەر، ئەوانەی کەبۆ بە دەست هێنانی فەزڵ‌و بەرەکەتی پەروەردگاریان دەچنە ئەو شوێنەو مەبەستیان رەزامەندی خوایەو هەر کاتێك کە لە حەج بونەوە ، ئیحرامی حەجتان لابرد،جا ئیتر راو بکەن، واتە: ئەو کاتە دەتوانن راو بکەن. بۆ زانین: زۆربەی زانایان شەڕ کردنی مانگی حەرام بە هەڵوەشاوە دەزانن بە ئایەتی ﴿ وَقَـٰتِلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَـٰتِلُونَكُمْ كَآفَّةً ﴾ التوبة: ٣٦. خوای گەورە بەو پێغەمبەرەیﷺ کە دەرکراوە لە مەکەو ئێستا لە مەدینەدایەو هەردەم ئێشو ئازاری پێ دەگات لە لایەن ئەوانەوە دەفەرموێ: نابێ ئەم ئێش‌و ئازارە وات لێ بکات کە تۆ بە دادپەروەرانە رەفتار نەکەیت لە گەڵیاندا، بەڵکو تۆ دەبێ دادپەروەر بی لە گەڵیانداو هەمیشە یارمەتی یەکتر بدەن لە سەر چاکەو لە سەر خۆپاراستن لەو شتانەی کە دەبێ بە هۆی تۆڵەو سزای خواو هەرگیز یارمەتی یەکتر نەدەن لە سەر تاوان‌و دوژمنایەتی ولە خوا بترسن بە بێگومان تۆڵەی خوا زۆر توندە بۆتاوانباران. ئینجا خوای گەورە باسی ئەو گۆشتانە دەکات کە حەرامە خواردنیان ودەفەرموێ:

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحْمُ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ
بِهِۦ وَٱلْمُنْخَنِقَةُ وَٱلْمَوْقُوذَةُ وَٱلْمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ
ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُوا۟
بِٱلْأَزْلَٰمِ ۚ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ ۗ ٱلْيَوْمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن دِينِكُمْ
فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِ ۚ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ
عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ۚ فَمَنِ ٱضْطُرَّ فِى
مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ ۙ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣﴾
يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمْ ۖ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ۙ وَمَا عَلَّمْتُم
مِّنَ ٱلْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ ٱللَّهُ ۖ فَكُلُوا۟ مِمَّآ أَمْسَكْنَ
عَلَيْكُمْ وَٱذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهِ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ
﴿٤﴾ ٱلْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حِلٌّ
لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ ۖ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ
مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ
مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ ۗ وَمَن يَكْفُرْ
بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٥﴾

(٣) حەرام كراوە لێتان گۆشتی حەیوانی مردار بوو خوێنی جاریو گۆشتی بەراز و ئەو حەیوانەی كەكاتی سەر برینی ناوی جگە لەخوای لەسەر ببرێتو گۆشتی حەیوانێك كە بخنكێنرێتو گۆشتی ئەوەی كە بە بەردو شتی قورس لێی بدرێت تا دەكوژرێتو ئەوەی كە لە شوێنی بەرزا فڕە بدرێتو بە كەوتنە خوارەوە بمرێتو ئەوەی كە حەیوان بە شاخ لێی بداتو بیكوژێتو ئەوەی كەوا دڕندە بیخوات مەگەر ئەمانە بگەن بەدەستو سەربیبڕێن ، وە ئەو حەیوانانەی كە لە شوێنی بتەكاندا سەر ببڕێت حەرامەو گۆشتی ناخورێتو ئەوەیش كە بەقومار دابەش دەكرێن، جگە لەمردارۆ بووی ماسیو كولله،

(أزلام) ئیشێكی سەردەمی نەفامی بو كە بریتیە لە سێ پارچە شتی وەكو یەك پەرداخ بێت یان شتێكی تر لە سەر یەكێكیان دەنوسی (بیكە) لەوی تریان دەنوسی (نەیكەیت) هیچیان لە سێهەمیان نەدەنوسیو دەیان جوڵاندنو داوایان لێ دەكردن كە ئەم ئیشە یان ئەم شتەمان بۆ بەش بكەنو ئەو سێ شتەیان بە تەقسیم كەر دادەنا هەندێكیش دەڵێن: لە سەر یەكێكیان دەنوسی پەروەردگارم فرمانی پێكردوم (امرنی ربی) لە دووهەمیان دەنوسی پەروەردگارم بەرگری كردوم (نهانی ربی) لەسێهەمیان هیچیان نەدەنوسی،جا ئەگەر یەكەمیان بۆ دەرچوایە پەلاماری ئیشەكەیان دەداو دەیانكردو گوێیان لە حەرامو حەڵاڵ نەبو دەیان وت: بۆمان دەرچوە.

وە ئەگەر دووهەمیان بۆ دەربچوایە ئیتر ئەو ئیشەیان نەدەكرد با زۆر چاكیش بوایە، چونكە دەیوت پەروەردگارم لێی قەدەغە كردوم جا ئەگەر ئەمانەیان بە پەروەردگار دانابێت ئاشكرایە كافر بونیان، وە ئەگەر بەوە مەبەستیان خوا بوو بێت ئەوە درۆیان بە دەم خواوە كردوە خۆ ئەوانە دارێكی رەقو وشك یان بەردێك یان ئاسنێك یان شوشەیەك بوون خۆ پێغەمبەری خوا نەبوون چۆن دەزانن خوا ئیرادەی وایە كە ئەو ئیشە بكرێت یان نەكرێت؟ ئاشكرایە چ بە خوایان بزانن یان درۆ بە دەم خواوە بكەن كافر دەبن،جا موسڵمانان نابێ بەو شێوەی ئەوان بجوڵێنەوە دەڵێن ئەگەر سێهەمیان بۆ دەربچوبایە چەند بارەیان دەكردەوە تا یان یەكەم یان دووهەمیان بۆ دەردەچوو. پێغەمبەری ئیسلامﷺ هاتوە بۆ هەر ئیشێك كە حەڵاڵ بیت، بەڵام ئەگەركابرا نەزانێ ئەو ئیشە چاكە بۆی یان نە، بەرنامەیەكی جوانی داناوەو پێویستە موسڵمانان لەو بەرنامەیە سود وەرگرن كەئەویش بریتیە لەوەی كە كابرای دوو دڵ بوو لە ئیشەكەی دوو ركات نوێژی سوننەت بكاتو پاشان بڵێ: {اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ الْعَظِيمِ فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلَا أَقْدِرُ وَتَعْلَمُ وَلَا أَعْلَمُ وَأَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ اللَّهُمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الْأَمْرَ خَيْرٌ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي أَوْ قَالَ فِي عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ فَاقْدُرْهُ لِي وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الْأَمْرَ شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي أَوْ قَالَ فِي عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ فَاصْرِفْهُ عَنِّي وَاصْرِفْنِي عَنْهُ وَاقْدُرْ لِي الْخَيْرَ حَيْثُ كَانَ ثُمَّ رَضِّنِي بِهِ وَيُسَمِّي حَاجَتَهُ / البخاری وغیرة / ئەی خوایە داوای خەیرت لێ ئەكەم بە هۆی زانینەكەتەوە ، واتە: تۆ زانای بە سەر هەمو شتێكداو دەزانی كام چاكەو كام خراپە و داوات لێ دەكەم بە هۆی توانایيەكەتەوە واتە تۆ توانای هەمو شتت هەیەو دەتوانی ئەم شتەیش بۆ من بكەیت و دوات لێ ئەكەم لەو نازو نیعمەتە گەورەیەی كە هەتە بە راستی تۆ

دەتوانی‌و من ناتوانم و تۆ دەزانیت‌و من نازانم ، وە تۆ زانەری هەمو نهێنیەکانیت ئەی خوایە ئەگەر تۆ دەزانی ئەم ئیشە ـ ناوی ئەو ئیشەی کەدەیەوێت، ببات ـ بۆ ئایینم‌و بۆ ژیانم‌و بۆ ئایندەم چاکەبینوسە بۆم‌و ئاسان‌و بە فەڕو بە پیتی بکەیت بۆم ، وەئەی خوایە ئەگەر تۆ دەزانی کە خراپە بۆم لە ئایین‌و لە ژین‌و لە ئایندەمدا لام بدەلێی‌و ئەویش لادە لە من و ئەوەی کە چاکە بۆم بنوسە لە هەر کوێدا ببێت لە پاشان رازیم بکە بەوە. جا پاش ئەم نوێژو دوعایە ئەگەر ئارەزۆی هاتە سەری با بیکات ئینشا الله سودی تێدا دەبێت. وەنابێ ئەو شتە حەرامانە بخوات، وەیان ئەو ئیشە حەرامانە ئەنجام بدات.

لە پاش ئەوانە دەفەرموێ: ئەوەی کە باسکرا بۆ ئێوە هەموی لادانە لە حدودی خوا ئەمڕۆ ئیتر کافرەکان نا ئومید بوون لە دینەکەتان‌و کەس ناتوانێت بیڕوخێنێت ولەناوی ببات ئەمەش موژدەیەکی گەورەیە بۆ موسڵمانان. کەوابوو لەوان مەترسن‌و لە من بترسن کەمن ئەمڕۆ تەواوم کردوە بۆتان دینەکەتان‌و نیعمەتی خۆمم تەواو کرد بۆتان‌و رازیم لێتان کە ئیسلام دینتان بێت. بەڵێ ئەوانە حەرامن‌و نابێ بخورێن مەگەر لە ناچاریدا وەك دەفەرموێ: ئینجا هەر کەسێك کە ناچار بوو لە برسا بۆ خواردنی یەکێك لەو حەرامانە ئەوە با بەئەندازەی لابردنی برسیەتیەکەی بخوات بەو مەرجەی مەیلی گوناح نەکات‌و زیاتر لە پێویستیش نەخوات ، وە ئەگەر نەفس‌و شەیتانی خەڵەتاندی‌و زیادەڕەوی کرد، ئەوسا بێگومان کە الله لێبوردەو بە سۆزە بۆیان‌و چاوپۆشیان لێ دەکات، ئەمەش گۆشەیەکی ترە لە سۆزە بێ سنورەکەی خوا بەرامبەر بە بەندەکانی کەئەو حەرامانەی بۆ حەڵاڵ کردوە لە کاتی پێویستدا. بەراستی ئەم ئایەتە خۆشترین مژدەیە و رۆژی دابەزینیشی گەورەترین جەژنی موسڵمانانە. خوا دەفەرموێ: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾ المائدة: ٣ | ئەمڕۆ دینەکەم بۆ تەواو کردن» نوبەیەی کوڕی کەعب وتی: ئەگەر ئەم ئایەتە بۆ گەلێکی تری بێجگە لەم گەلە بهاتایە زۆر چاك لەو رۆژە ورد دەبونەوەو دەیان کرد بە جەژن بۆ خۆیان‌و کۆ دەبونەوە تێیدا. عومەر وتی: کام ئایەت ئەی ئۆبەی؟ وتی: «ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ» عومەر وتی: بە راستی ئەو رۆژەو ئەو جێگایە دەزانم کە تێیدا دابەزیوە لە رۆژی جومعەو لە رۆژی عەرەفەداو لەعەرەفات دابەزیوە سوپاس بۆ خوا هەردووکیان جەژنمانە (تەبەری). جا لەم ئایەتە پیرۆزەدا دوو وشەی (اكمال_واتمام) بە کار هاتوە کە یەکەمیان جوانی‌و رێك‌و پێکی دەگەیەنێت‌و دووهەمیان: تەواوی‌و بێ کەم‌و کوڕی دەگەیەنێت. واتە: هەم جوان‌و رێك‌و پێکەو هەم تەواوەو هیچ کەم‌و کوڕیەکی تێدا نیە مادەم وایە دەی نابێ رێگەو رێبازێکی تر دابنرێت بۆ ئەوەی ئادەم چونکە یەکەم: دەست درێژیە بۆ مافی خوایەتی‌و دووهەمیش خەڵەتاندنی خەڵکە، چونکە کەس ناتوانێت یاسایەکی ئاوا رێك‌و پێك‌و تەواو دابنێت دەی بۆ سەری لێ تێك دەدیت‌و نایەڵێ ئەو رێبازە چاکەهەڵبژێرێت؟ هەروەهائەم ئایەتە رێگا نادات بە زیاد کردنی ئایین یان کەم کردنەوەی،چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي﴾ دەی کە رێك‌و پێك‌و تەواوە ، ئیتر چۆن دەبێ لێی زیاد بکەیت ئەمەش دەمکوتێکی توندە بۆ بیدعەچیەکان، چونکە شتێك لە زەمانی پێغەمبەری خوادا ﷺ دین نەبوبێت‌و نەکرا بێت‌و نەوترا بێت ئیتر چۆن دەبێ ئێستە دین بێت؟! ئەگەر ئەوان نەیان کرد بێ یان نەیان وتبێ دووشت دەگەیەنێت کە هەردووکیان یەك لەیەك خراپترن یان ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ نەیزانیوە چاکە یان زانیویەتی‌وبەئێمەی نەوتوە کە ئەمەش شاردنەوەو کەتمانەو خیانەت کردنە بە ئۆمەت‌و دژی تەواو بونی رسالەتی پێغەمبەرە ﷺ و دژی ئەو هەمو فەرمودانەی پێغەمبەرە ﷺ کە یەکێك لەوانە ئەمەیە کە بوخاری‌و مسلم ریوایەتیان کردوە کە دەفەرموێ: {مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ فِيهِ فَهُوَ رَدٌّ / هەر کەسێك لەم ئیشەی ئێمەدا کە ئیسلامە شتێك دابهێنێت ولەودا نەبێت ئەوە وەرناگیرێت} وە لە فەرمودەیەکی تردا کە مسلم ریوایەتی دەکات دەفەرموێ: {مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ/ هەر کەسێك ئیشێك بکات‌و فرمانی ئێمەی لە سەر نەبێت ئەوە وەرناگیرێت}

وە چەندین فەرمودەی ترمان لەو بارەوە هەیە ئاوا بە زەقی بیدعە هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام ئەوانەی کە شەیتان سەری لێ شێواندون و دوکانێکی گەرمیان هەیە بەهۆی رەواجدانی بیدعەوە بەو هەمو فەرمودەراستانە بڕوا ناکەن‌و بە هەندێ بەڵگەی خەیاڵی‌و خەوی فلان‌وفیسارەوە خۆیان‌و خەڵکیش ماڵ وێران‌و شەرمەندەی پێشگای الله دەکەن؟! برام خۆ ئەگەر سونەتیش بێ ئەگەر ئەنجامیان نەدەیت هیچ گوناهت ناگات ئەی ئەگەر بیدعە بێت چ جوابت هەیە؟ بیر بکەرەوەو سەر لە

خۆتو خەڵکیش تێك مەدە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {كُلُّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ وَكُلُّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ /اصحاب السنين وغيرهم/ هەمو داهاتوەیەك بیدعەیەو هەمو بیدعەیەكیش گومڕاهیەو هەمو گومڕاهیەكیش لە ناو ئاگردایە}

پێشەكی با بیدعە بناسین بیدعە لە ناو زمانی عەرەبیدا بە مانای شتی جوان هاتوە ئیتر بووبێت لە پێشەوە یان نەبوبێت سونەت بێت یان فەرز بەڵام لە شەرعدا مەبەست پەیدا بوونو كردنی شتێكە كە لە پێشەوە نەبوبێت ونەكرا بێتو نەوترابێت لەبیروباوەڕو لە بەندایەتیدا ، جا ئەم جۆرە بیدعەیە كەئیسلام ئاوا هەڕەشەی لێ دەكاتو بەڵێنی سزای سەختی داوە بۆ ئەو كەسانەی كە دایهێننو بیكەن هەروەكو لەو حەدیسانەی پێشەوە باس كران، بەڵام جێگای داخە ئایینی راستەقینەی ئیسلامو ئەو بەرنامە جوانەی پێغەمبەری خواﷺ لە خەڵك شاراوەتەوەو دەشارێتەوەو شتانێك كە هیچ بەڵگەیەكی شەرعیان لە سەر نیە كراوون بە سوننەت بەڵكو بە فەرزیش لە روانگەی خەڵكی نەزانو تێ نەگەیشتو لە ئیسلامداو سەدان سونەتو دەیان فەرز واز لێ دەهێنێتو هیچ قاڵێكی لە سەر نابێت، كەچی بە یەكێك لەو بیدعانە وترا: شەرعی نیە ئاسمان دەكەوێتە سەر زەوی‌و دارو بەردی لێ دێتە سەر پێ‌و كابرای رۆشنكەرەوە بەر دەیان تانەو تەشەرو ناوەی جۆراو جۆر دەكەوێت، بەڵام ئەوەی راستی بێت ئەوەیە كە پەیڕەوانی راستەقینەی ئەم دینە هەمیشەكەم بونو هەتا قیامەتیش هەروا بە كەمی دەمێننەوە وەك پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {بَدَأَ الْإِسْلَامُ غَرِيبًا وَسَيَعُودُ كَمَا بَدَأَ غَرِيبًا فَطُوبَى لِلْغُرَبَاءِ/ رواة مسلم والنسائي/ دین بە غەریبی هاتوەو هەرواش دەست پێ دەكاتەوە بە غەریبی ، جا خۆشبەختی بۆ ئەوغەریبانە}

چونكە ئێمە لە پێشەوە لە سەر ئایەتی (١١٧/سورەتی بقره) لەم بارەوە هەندێك قسەمان كردوە بەمە كۆتایی بەم باسە دێنین،بەڵام لێرەدا سرنجی خوێنەران رادەكێشین بۆ وەڵامی سێ پرسیار یەكەم: وتراوە كۆكردنەوەی قورئان بیدعەیەو ئیشی پێ كراوە دووهەم: عومەر (رەزای خوای لێ بێت) تەراویحی كرد بە جەماعەتو وتی: (نعمت البدعه هذه/ ئەمەبیدعەیەكی چاكە)سێیەم: فەرمودەی: (من سن سنة) بۆ یەكەم دەڵێین: ئەگەر قورئان نەنوسرابوو (٤٠) چل نوسەری وەحی چیان دەكرد بۆ پێغەمبەر ﷺ؟ قورئانی (حفصه) چی بوو؟ بۆ وەڵامی دوهەم دەڵێین: جەماعەتی یەكەمو دووهەمو سێیەمی پێغەمبەرﷺ بۆ تەراویح بەس نیە كە سونەت بێت؟ وشەی (نعمت البدعة)ی عومەر با مانای زمانەوانیە، ئەی دەگونجێت عومەر نەیزانیبێت كە پێغەمبەری خواﷺ ئەو سێ شەوە جەماعەتی تەراویحی كردوە لە گەڵ ئەوەدا كە عومەر خۆی دەڵێت: بۆیە پێغەمبەرﷺ وازی لە بەجەماعەت كردنی نوێژی تەراویح هێنا چونكەدەترسا فەرز بێتو خەڵك نەتوانن ئەنجامی بدەن،دەی خۆ ئێستا پێغەمبەرﷺ نەماوەو تازە وەحی نایەتو هیچمان لە سەر واجب نابێت، جا با بە جەماعەت بیكەینەوەو ئۆبەی كوری كەعبی كرد بە ئیمامی نوێژی تەراویح بۆ موسڵمانان،دەی ئەمە سوننەتە نە بیدعەكەی جەنابت.

لە وەڵامی سێهەمدا: دەڵێین: براكەم جوان تەماشا بكە بزانە حەدیسەكە لە سەر چی وتراوەو روداوەكەی بزانەو لە وشەی (سنة حسنة _سنة سيئة) تێ بگەو سونەت دەبێ شێوەكەی وترا بێت یان كرا بێت ئینجا پێی دەوترێت سونەت قورئانو پێغەمبەرمانﷺ چەندین جار فرمانی چاكە كردنیانی داوە وا ئێستاش كابرایەكی فەقیری جلو بەرگ دڕاو دێتە خزمەت پێغەمبەرﷺو پێغەمبەرﷺ كە چاوی پێ دەكەوێت دڵی بۆ فەقیری‌و نەداری ئەو ئاگر دەگرێتو داوا لە موسڵمانان دەكات كە یارمەتی بدەن ئەوە بوو كابرایەكی موسڵمانیش یەك كیسە پارەی زۆری هێناو داناو خەڵك كە دیتیان بە شوێن ئەودا هەركێ چی توانی كردی‌و كۆمەڵێكی باش پارە لە بەردەم پێغەمبەری خواﷺدا هەڵدرایەوەو دڵە بە سۆزەكەی پێغەمبەرﷺ فێنك بویەوەو ناوچاوانی وەكو زێر بریسكەی دەدا لە خۆشی ئەوەی كە كرا سەبارەت بەو موسڵمانە فەقیرەو موژدەی گەورەی بە یەكەم چاكە كەر داو فەرموی (من سن سنة حسنة) ئایا ئەمە لە گەڵ بونی دەیان ئایەتو حەدیس سەبارەت بە داوا كردنی چاكەو فرمانی راستەخۆی ئەو كاتەی پێغەمبەریشﷺ بەوان دەكرێت ئەمە بیدعە بێت تا تۆ بیدعە ناپەسەندەكەی خۆت قیاس بكەیتە لە سەر ئەو سونەتە؟!

وە (من سن سنة سيئة) ئەویش هەر بەم شێوەیە كەسێك رەوشتێكی خراپەی كۆنی مردوو زیندو بكاتەوە دیارە پاش ئەو هەتا رۆژی قیامەت كێ بەو رەوشتە ناشیرینە ئیش بكات ئەوە ئەو زیندو كەرەوە بەشدار دەبێت لە تاوانەكەیدا بۆنمونە:ئیسلام هات ئافرەتی لەروتی‌و بەرەڵای قەدەغەكردو دایكانی ئێمە زیاتر لەهەزارو سێ سەد ساڵە بە شانازییەوە ئەو فرمانەیان بەرێكوپێكی جێبەجێ كردوە ، جا لە پاش ئەوە یەكەم ئافرەتێكی بەناو موسڵمان سەرولاقی خۆی دەرخستو

ئەو سوننەتە خراپەی زیندو کردەوە جا ئەو بەشدارە لەتاوانی سەرو لاق روتانی پاش خۆی هەتا قیامەت. بەڵام ئەم جۆرە بیدعەیەی کە بە بیدعەی (حسنة)ی ناو دەبەن ئەمەیە پڕ مەترسی، چونکە وەك وتمان: بەڵگەی نەزانینی پێغەمبەرە ﷺ یان زانیویەتی بەڵام شاردویەتیەوە؟! کە پاڵدانی ئەو دوو شتە ئەلای پێغەمبەر ﷺ تاوانێکی ئێجگار گەورەو پڕ مەترسیەو مرۆڤ بەرەو هەڵدێرو شەرمەزاریو سەرشۆڕی قیامەت دەبات ، جا لە بەر هەست بەو مەترسییە گەورەیە بۆیە ئێمەش ئەوەندە بە پەرۆشین بۆ چاك کردنی بیرو رای براو خۆشکانی هاوزەمانمان. ئەمەیە راو بۆ چونمان سەبارەت بە بیدعە بە کورتی جانەگەر پێکابێتمان منەت هی خوایەو هەر خۆی رێنمای کەرە، وە ئەگەر بە هەڵەداچوبین تاوانی خۆمەو داوای چاوپۆشی لە خوای گەورە دەکەم ، ئینجا خوای گەورە بۆ زیاتر رۆشنکردنەوەی موسڵمانان سەبارەت بە حەرامو بە حەڵاڵ درێژە بە بەیان کردن دەدات وچەندین شتی ترمان بۆ باس دەکات لەوانە ئەو نێچیرانەی کە بە هۆی سەگی فێر کراوو بازو شتی ترەوە ڕاو دەکرێن‌و خاوەنەکەیان بە مردویی دەچێتە سەریان‌و دەفەرموێ :

(٤) ئەی محمد ﷺ پرسیارت لێ دەکەن چ شتێك حەڵاڵە بۆیان بڵێ: هەمو شتە پاکەکان حەڵاڵ کراوە بۆتان کەواتە ئەوەی کە حەڵاڵ نیە لە بەر ئەوەیە کە پاك نیە. ئینجا دەفەرموێ: وە حەڵاڵە شکاری ئەوەی کە فێرتان کردوەو مۆچاندوتانە لە برین کەرەکان کەخۆتان ماندو کردوە بە فێر کردنی‌و فێرتان کردوە وەك خوای گەورە ئێوەی فێر کردوە،واتە: وەك خۆتان چۆن لە مانای بڕۆو بیگرەو راکەو نەی خۆیت تێدەگەن ئەوانیشتان هەر بەو شێوەیە فێر بکەن، جا خوا دەفەرموێ: ئەو حەیوانە فێر کراوانە هەرچیان بۆ گرتن‌و لە ژێر دەستیاندا مردن بیخۆن‌و زیکری خوای لە سەر بکەن و بڵێن: (بسم الله) جا ئەگەر کابرا سەگێکی هەبوو پێی وت: برۆ رۆیشت ئەو کاتە ئەو سەگە بە فێرکراو دادەنرێت ئەگەر ئەو سەگە بە کەیفی خاوەنی نەچو ئەوە فێر کراو نیەو مردار بوی ناخورێت، واتە: پێویستە ئەم سێ مەرجەی تێدا بێت

یەکەم . حەیوانی راوچی ئەبێ فێرکراو بێت. دووهەم . ئەو حەیوانە رەوانە کرا بێت بۆ ئەو نێچیرە. سێهەم _ فێر کردنی وابێت کە رۆیشتن‌و گەڕانەوەی بە فرمانی کابرای نێچیرەوان بێت ئەو کاتە ئەگەر شتێکی گرت‌و لە ژێر دەستیا مرد بەر لەوەی خاوەنەکەی بیگاتێ حەڵاڵە خواردنی. ئینجا دەفەرموێ:

لە خوا بترسن ، بێگومان کە الله زۆر زۆر بە پەلەیە لە موحاسەبە کردنی بەندەکانیداو ماوە نادرێت بە تۆبە کردن‌و پەشیمان بونەوە لەو کاتەدا. ئینجا دەفەرموێ:

(٥) لە ئەمڕۆوە حەڵاڵ کراوە بۆ ئێوە شتە چاکەکان‌و خواردەمەنی ئەو کەسانەی کە خاوەنی کتێبن بە ئیزنی خاوەنەکەی رەوایە بۆتان‌و خواردنی ئێوەش رەوایە بۆ ئەوان‌و رەوایە بۆتان ئەو ئافرەتانەی کە پاك داوێن‌و بێ هاوسەرن لە ئیمانداران‌و ئەو ئافرەتانەی کە پاك داوێنن لە ئەهلی کتێب ، واتە: ئافرەتێکی پاك داوێنی یەهودی یان مەسیحی دروستە پیاوی موسڵمان بیخوازێت ، بەڵام دروست نیە ئافرەت بەوان بدەین لەوانەیە لێرەدا رەخنە بگرن‌و بڵێن چ جیاوازیەك هەیەو بۆ ئێمە دەتوانین ئافرەتی ئەهلی کتێب بهێنین، بەڵام نابێ ئافرەتی موسڵمانیان پێ بدەین؟

دەڵێین: جیاوازی لەوەدایە ئەو ئافرەتە ئەگەر جولەکە بێت رێز لە عەقیدەو بیرو باوەڕی دەگیرێت‌و دەتوانێت ئازادانە بە گوێرەی بیرو باوەڕی خۆی بەندایەتی خوا ئەنجام بدات‌و هەر کاتێ ناوی موسا ببات ئێمە دەڵێین (علی نبینا وعلیه السلام) وە دەتوانێت تەوراتی خۆی تەماشا بکات‌و سودی لێ وەربگرێت،هەروەها ئەگەر ئەو ئافرەتە گاور بێت بۆی هەیە ئازادانە بیرو باوەڕی خۆی دەرببڕێت‌و بەندایەتی خۆی ئازادانە ئەنجام بدات و هەر کاتێکیش ناوی عیسا ببات ئێمە دەڵێین (علی نبینا وعلیه السلام) کەواتە ئەوانە لە لای ئێمە هیچ شتێك ئازاریان نادات‌و سەربەرزانە ژیانی خۆیان دەبەنە سەرو رۆژێك لە رۆژان زۆریان لێ ناکرێت لە سەر ئیسلام بوون بەڵام ئافرەتی ئێمە ئەگەر بەوان بدرێت هیچ کام لەو ئازادیانەی نابێت‌و کاتێك کە ناوی پێغەمبەر ﷺ بهێنرێت گاڵتەو لاسایی دەکرێتەوەو قورئانیشی بۆ ناخوێندرێت بە ئاشکرایی‌و جا دەبێت هەتا دەمرێت هەروا بە سەر شۆڕی‌و ترس‌و لەرزەوە ژیان بباتە سەر یان واز لە عەقیدەو بیرو باوەڕەکەی بهێنێت کە لە لای خواو پاشان پێغەمبەرەکەی و ﷺ ئینجا لە لای خزمانی سەر شۆڕو شەرمەندە بێت ئایا ئەمە عاقڵانەیە کەئەم ئافرەتە ئاوەهایی لەگەڵدا بکرێت؟ وە ئایا جیاوازی هەیە لەم جیاوازیە پڕ مەترسی تربێت؟ بەڵێ ئێمە بۆمان هەیە ئافرەتی ئەهلی کتێب بخوازین‌و مافی خۆی پێ بدەین وەك دەفەرموێ: هەر کاتێ مارەییەکانتان پێدان ئینجا رەوایە بۆتان دیسان دەبێ ئەو پیاوە موسڵمانە پیاوێکی راست‌و دروست بێت‌و ژن هێنانی بە لاوە کارێکی جوان‌و مەردانە بێت وەك دەفەرموێ: داوێن پاك

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ
وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ
وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْۚ
وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ
أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا
فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ
لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ
وَلِيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٦
وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَمِيثَٰقَهُ ٱلَّذِي وَاثَقَكُم
بِهِۦٓ إِذۡ قُلۡتُمۡ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ
ٱلصُّدُورِ ٧ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ
شُهَدَآءَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ
أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ
ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ٨ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٞ ٩

بن‌وزینا کار نه‌بن‌و دۆستی ژێر به‌ ژێری نه‌گرن ، لێره‌دا خوای گه‌وره‌ خاوه‌ن باوه‌ڕان ده‌ترسێنێت له‌ کوفرو پاشگه‌ز بونه‌وه‌ واته‌ نه‌که‌ن به‌ هۆی تێکه‌ڵاو بونتانه‌وه‌ خۆشه‌ویستی بێ باوه‌ڕان بچێته‌ ناو دڵتانه‌وه‌ یان به‌ هۆی خۆشویستنی ئافره‌تێکی بێ باوه‌ڕه‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ستتان بکه‌وێت بیرو باوه‌ڕه‌که‌ی خۆتان له‌ ده‌ست بده‌ن‌و ده‌فه‌رموێ: وه‌ هه‌ر که‌سێك پاش باوه‌ڕ هێنان بێ باوه‌ڕ ببێت ئه‌وه‌ به‌ راستی هه‌مو کردارو ره‌فتاره‌ چاکه‌کانی پێشوی هه‌ڵده‌وه‌شێته‌وه‌و له‌ رۆژی دوایشدا له‌ رێزی ره‌نجه‌رۆیان‌و زیان لێ که‌وتوانه‌ ئینجا خوای گه‌وره‌ یاسایه‌کی ترمان بۆ باس ده‌کات‌و ده‌فه‌رموێ:

(٦) ئه‌ی خاوه‌ن باوه‌ڕان هه‌ر کاتێك که‌ هه‌ڵسان بۆ نوێژ ئه‌گه‌ر ده‌ست نوێژتان نه‌بوو یان هه‌ررویستتان ده‌ستنوێژبگرن ده‌م‌و چاوتان بشۆن‌و ده‌سته‌کانتان بشۆرن هه‌تا ئه‌نیشکه‌کان‌و ده‌ستی ته‌ڕ به‌ سه‌رتاندا بهێنن‌و پێیه‌کانتان تا ده‌گاته‌ قاپه‌کانتان بیشۆرن. لێره‌دا ده‌رکه‌وت که‌ ئه‌م چوار شته‌ پێویسته‌: یه‌که‌م: شۆردنی ده‌م‌و چاو.

دووهه‌م: شۆردنی هه‌ردوو ده‌ست تاکو ئه‌نیشك.

سێهه‌م: مه‌سحی سه‌ر. چواره‌م: شۆردنی هه‌ردوو پێ تا قوله‌پێ به‌ گوێره‌ی فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌رﷺ که‌ ده‌فه‌رموێ: {وَيْلٌ لِلْأَعْقَابِ مِنْ النَّارِ/متفق عليه/ وای بۆ پاژنه‌كان له‌ ناو ئاگردا}چونکه‌ که‌چاکی ناشۆرن،

سه‌ره‌رای ئه‌مانه‌ دیاره‌ نیه‌تیش پێویسته‌، چونکه‌ ده‌فه‌رموێ: {إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى/متفق عليه / کرداره‌ باشه‌کان به‌ نیه‌ته‌کانیانه‌و هه‌مو مرۆڤێك نیه‌ته‌که‌ی بۆ هه‌یه‌} هه‌ر وه‌ ها رونترین‌و به‌ هێزترین به‌ڵگه‌یه‌ له‌ سه‌ر شۆردنی پێ له‌ کاتی ده‌ست نوێژ گرتندا. ئینجاده‌فه‌رموێ: وه‌ ئه‌گه‌ر ئێوه‌ نه‌خۆش بوون یان له‌ سه‌فه‌ر بوون یان یه‌کێك له‌ ئێوه‌ ده‌ستی گه‌یاند به‌ ئاو یان له‌ژنانتان که‌وتن، جا بۆ ده‌ستنوێژ ئاوتان ده‌ست نه‌که‌وت ، ئه‌وسا خاکێکی پاك هه‌ڵبژێرن‌و به‌و خاکه‌ پاکه‌ ته‌یه‌موم بکه‌ن ، جا ده‌سته‌کانتان له‌ ده‌م‌و چاوتان ده‌ده‌ن به‌و خاکه‌ پاکه‌ واته‌: هه‌ردوو له‌پی ده‌ستت ئه‌ده‌ی له‌و خاکه‌ پاکه‌و به‌ ده‌م‌و چاویا دێنیت‌و جارێکی تر که‌ ده‌ستتان له‌و خاکه‌ پاکه‌ ده‌ده‌ن‌و به‌ به‌ری ده‌ستی چه‌پتاندا به‌ ده‌ستی راستاندا ده‌هێنن تا موچ یان تا ئه‌نیشك، ئینجا به‌ری ده‌ستی راستیش به‌و شێوه‌یه‌ ده‌هێنن به‌ ده‌ستی چه‌پتاندا له‌ سه‌ر ئه‌مه‌ش ئیختیلاف بوه‌ له‌ به‌ینی زانایان وه‌کو مانامان کرد هه‌ندێك ده‌ڵێن: مه‌سحی ده‌ست تا موچه‌، وه‌ هه‌ندێکی تریش ده‌ڵێن: تاکو ئه‌نیشکه‌ ته‌نانه‌ت قسه‌ی تا بن ده‌ستیش کراوه‌، به‌ڵام نزیکترین تاکو ئه‌نیشکه‌ هه‌ر خوایش زانایه‌. الله نایه‌وێت که‌ئێوه‌ بکه‌ونه‌ ناو سه‌ختیه‌وه‌ به‌ڵکو ئاسانکاری بۆ ئێوه‌ ده‌وێت‌و ئه‌و شۆردنه‌ به‌ قازانجتانه‌ وه‌ك ده‌فه‌رموێ: به‌ڵام خوا ده‌یه‌وێت ئێوه‌ پاك بکاته‌وه‌، واته‌: خوای گه‌وره‌ ده‌یه‌وێت به‌م ده‌ست نوێژه‌ ئێوه‌ پاك بکاته‌وه‌ چ پاکی پۆشاك‌و جێگاو له‌ش بێت چ پاکی ناو ده‌رون بێت‌و چ پاك کردنه‌وه‌ی له‌ تاوان‌و خراپه‌ بێت که‌ خوای گه‌وره‌ به‌ هۆی نوێژه‌وه‌ هه‌مویانمان بۆپاك ده‌کاته‌وه‌، پاك‌و خاوێنی جل‌و به‌رگ‌و له‌شمان شتێکی ئاشکرایه‌و به‌ڵگه‌ نه‌ویسته‌ به‌ڵام بۆ پاك کردنه‌وه‌ی دڵ‌و ده‌رونمان خواله‌ئایه‌تی بیست‌وهه‌شتی ره‌عد دا ده‌فه‌رموێ: ﴿ئه‌وانه‌ی که‌باوه‌ڕیان هه‌یه‌و به‌ یادی خوا دڵه‌کانیان ئارام ده‌گرن ، با بزانن هه‌ر به‌ یادی خوا دڵه‌کان ئارام ده‌گرن﴾

ده‌ی کام یاد کردنه‌وه‌ی خوا هه‌یه‌ گه‌وره‌تر بێت له‌ نوێژ کردن؟ وه‌ بۆ پاك کردنه‌وه‌ی کرداره‌ خراپه‌کانمان چه‌ندین فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌رمانﷺ هه‌یه‌ یه‌کێك له‌وانه‌ ئه‌م فه‌رموده‌یه‌ که‌ ده‌فه‌رموێ: {إِذَا تَوَضَّأَ الْعَبْدُ الْمُسْلِمُ أَوْ الْمُؤْمِنُ فَغَسَلَ وَجْهَهُ خَرَجَ مِنْ وَجْهِهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ نَظَرَ إِلَيْهَا بِعَيْنَيْهِ مَعَ الْمَاءِ أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ فَإِذَا غَسَلَ يَدَيْهِ خَرَجَ مِنْ يَدَيْهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ كَانَ

بَطَشَتْهَا يَدَاهُ مَعَ الْمَاءِ أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ فَإِذَا غَسَلَ رِجْلَيْهِ خَرَجَتْ كُلُّ خَطِيئَةٍ مَشَتْهَا رِجْلَاهُ مَعَ الْمَاءِ أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ حَتَّى يَخْرُجَ نَقِيًّا مِنْ الذُّنُوبِ /رواة مالك مسلم / هەر کاتێك بەندەیەکی موسڵمان یان باوەڕ دار دەمو چاوی شورد بۆ دەستو نوێژ گرتن هەمو ئەو تاوانانەی کەبەچاوەکانی کردویەتی دەچێت یان لە گەل ئاخر تکەی داو هەرکاتێك هەردوودەستی شۆرد هەمو ئەو تاوانانەی کە بە دەستی کردویەتی دەچێت یان لە گەل ئاخرتکەی داو هەر کاتێك هەردوو پێی شۆرد هەمو تاوانێك کەبە ڤاچەکانی بۆی چوە ئەچێت یان لە گەل دوا تکەی ئاوەکەدا دەڕوات تا وای لێ دێت کە لە هەمو گوناهێك پاك دەبێتەوە} کەوا بوو خوای گەورە دەیەوێت بەم عیبادەتە گەورەیە لە هەمو خراپیەك پاکمان بکاتەوەو شایستەی بەهەشتە پڕ ئازو نیعمەتەکەی ببین کە تەواوی نیعمەتەکان لەوێدا دەست دەکەون بۆیە دەفەرموێ: وە تا تەواو بکات بۆتان نیعمەتەکانی خۆی بەڵکو ئێوەش سوپاسی ئەو خوا گەورەو بەخشندەو بە سۆزە بکەن. لەوانەیە لێرەدا بڵێن بەڵێ ئاو لەشمان پاك دەکاتەوە ئەی خاك خۆ ئەوە تۆزاوی‌و پیسمان دەکات؟ دەڵێین یەکەم: ئەمە بەندایەتیەو بە گوێ رایەڵی کردن‌و ئەنجامدانی فرمانەکان بێ ئەم لاو ئەو لا پێویستە لە سەرمان‌و بەوە راستو ناراست دەردەکەوێت. دووهەم: خاك لە پاش ئاو پاك‌و خاوێن کەرەوەیەکی زۆر زۆر گرنگ‌و بە نرخەو ئەگەر خاك میکرۆبی لە ناو نەبردایە هەر زۆر لە مێژ بوو مرۆڤ کۆتایی هاتبوو بە بۆنەی پیسی خاکەوە تەنانەت هەندێ میکرۆب کە بە ئاگر لە بەین ناچێت بە خاك لە ناو دەچێت وەکو ئەو میکرۆبەی کە لە دەمی سەگ‌و پیسی پشیلەدا پەیدا دەبن ئەوەتە پێغەمبەرمانﷺ بۆ پاك کردنەوەی جێگا دەمی سەگ دەفەرموێ: حەوت جار بیشۆرن جارێکیان بە خاك ، وەخوا خۆی پشیلەی وا تێگەیاندوە ئەبێ پیسی خۆی بشارێتەوەو خۆڵی بە سەرا بدات ﴿سبحان الذی قدّر فهدی﴾ جا کەوا بو ئەو فرمانانەی خوا هەموی نیعمەتن بۆ ئێمەو پێویستە سوپاسی بکەین‌و لە بیرمان نەچێتەوە وەك دەفەرموێ:

(٧) بیر کەنەوە لەو نیعمەتانەی خوا کە بە ئێوەی داوە گەورەترینیان رەوانە کردنی پێغەمبەرمانەﷺ و رونکردنەوەی رێگای راستە بۆمان‌و حەلاڵ کردنی پاکەکان‌و قەدەغە کردنی شتە پیسەکانە، وە ئەو پەیمانە بتەوەی کە ئێوە بۆ بەرگری لە ئایین بەستوتانە کەی؟ ئەو کاتەی کە وتتان: بیستمان‌و بە گوێمان کردیت ، جا دەگونجێت ئەو پەیمانە بێت کە پێغەمبەرمانﷺ کاتی خۆی وەری گرت لە کۆمەڵی یەکەمی موسڵمانانی مەکەو بەڵێنیان پێدا کە گوێ بۆ بگرن‌و پەیرەوی بکەن یان ئەو پەیمانە بێت کە موسڵمانانی مەدینە بە پێغەمبەریانﷺ داو ناونران یارمەتی دەر (الانصار) یان ئەو پەیمانە بێت کە لە ئاشتی کردنی حودەیبیەدا بەڵێنیان دا بە پێغەمبەر ی خواﷺ شەڕ بکەن تاکو مەرگ ، یان ئەو پەیمانە بێت کە کاتی خۆی لە پشتی ئادەم دا دایان بە خوا، ئەو کاتەی کە خوا فەرموی: ﴿ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟﴾ هەمو وتیان بەڵێ تۆ پەروەردگاری ئێمەی. واتە: بیر لەو بەڵێن وبڕیارانەتان بکەنەوەو نەیان شکێنن‌و لە خوا بترسن بەبێگومان کە ﷲ زانایە بەو شتانەی کە لە ناو دڵتاندایەو هیچی لێ حەشار نادرێت چونکە خۆی وردو کردی ناودڵەکان دروست دەکات ئیتر چۆن دەبێ نەزانێ بەو وردو کردەی ناو دڵان؟ جارێکی تر هەم رودەکاتە خاوەن باوەڕان‌و دەفەرموێ:

(٨) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئێوە لە بەر خاتری ﷲ رابوەستن لە سەر قسەی راست وبائیشتان لە بەر خاتری ﷲ بێت ، وە با بە عەدالەت‌و دادپەروەری شایەتی بدەن، واتە: پێویستە دادپەروەر بین لە شایەتیداو ئیشێك ئەگەر هەڵە بوو نابێ ببن بە شایەت لە سەری. دەڵێن جارێکیان یەکێك لە یارەکانی پێغەمبەرﷺ بەشێ لەماڵەکەی خۆی بەخشی بە کوڕێکی کە ناوی نوعمانی کوڕی بەشیر بو خێزانەکەشی وتی: من رازی نیم بەو ماڵە کە دەیبەخشی بەو کوڕەم تاکو پێغەمبەری خوا ﷺحازر نەبێت. وا دیارە کە چەند کوڕێکی تری هەبوە لە ژنێکی تری‌و ئەم ژنەی بۆیە شایەتی پێغەمبەری ﷺپێ خۆش بووە تا لە دواییدا قەیو ڤاڵی لە گەلدا نەکەن ئینجا پێغەمبەرﷺ ئاگادار کراو تەشریفی هێنا بۆ ماڵی کابرا، کابراش وتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئەم ماڵەم بەخشیوە بەم کوڕەم، پێغەمبەریشﷺ فەرموی: ئایا بە هەموو منداڵەکانت ئاوەها ماڵت پێ بەخشیون؟ کابرا وتی: نەخێر، پێغەمبەرﷺ فەرموی: {لَا تُشْهِدْنِي عَلَى جَوْرٍ /متفق علیه/مەمکە بەشایەت لەسەرستەم،لە خوا بترسەو عەدالەت بە کار بهێنە لە ناو منداڵەکانتاندا ,ئینجا لە پاش ئەم قسەیە پێغەمبەری خواﷺ هەڵساو نوعمان دەڵێ: باوکم پەشیمان بویەوە لەو بەخشینەی ، جا پاش ئەوەی فەرموی کەبۆ خوا ئیش بکەن‌و شایەتی دادپەروەرانە بدەن دەفەرموێ: وە هەرگیز رق‌و دوژمنایەتی لە گەل گەلێك دا واتان لێ نەکات کە داد پەروەر نەبن بەڵکو دەبێ

وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ
ٱلْجَحِيمِ ﴿١٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ
ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُوٓاْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ
فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ
ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾ ۞ وَلَقَدْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ بَنِىٓ
إِسْرَٰٓءِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ ٱثْنَىْ عَشَرَ نَقِيبًا وَقَالَ ٱللَّهُ
إِنِّى مَعَكُمْ لَئِنْ أَقَمْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَيْتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ
وَءَامَنتُم بِرُسُلِى وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ ٱللَّهَ قَرْضًا
حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ
جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ فَمَن كَفَرَ بَعْدَ
ذَٰلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١٢﴾ فَبِمَا
نَقْضِهِم مِّيثَٰقَهُمْ لَعَنَّٰهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَٰسِيَةً
يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا
ذُكِّرُواْ بِهِۦ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٍ مِّنْهُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ
فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱصْفَحْ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣﴾

دادپەروەر بن هەرچەند ئەو گەلەشتان خۆش نەوێت چونکەئەو دادپەروەریە نزیکە لە تەقواوەو لە خوا بترسن بە راستی خوا ئاگادارە بەوەی کە ئێوە دەی کەن، ئاوەها خوا مۆرێکی بە هێز دەچەسپێنێت بە کۆتایی بڕیارەکەیەوە تا خەڵك وریا ببێتەوەو خۆی لە تاوان بپارێزێت.

(٩) خوا بەڵێنی داوە بەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە کەبۆ ئەوان هەیە لێخۆشبونو پاداشتێکی گەورەش.

(١٠) خۆ ئەوانەی کە بێ باوەڕن بە نیشانەکانی ئێمە کە گەورەترینیان قورئانە ئەوانە ڕەفیقو دۆستی دەستەملی ئاگری جەهەنەمن. دووبارە خوای گەورە رو دەکاتەوە خاوەن باوەڕانو دەفەرموێ:

(١١) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە بیر بکەنەوە لەو نیعمەتەی ألله کە رژاندی بەسەرتاندا ئەو کاتەی کە گەلێك ویستی دەست درێژی بکاتە سەرتان جاخوای گەورە دەستی ئەوانی گرت لە ئێوەو لە خوا بترسن ، وە با باوەڕداران تەنها بە خوا پشت ببەستن و پشت بە کەسی تر نەبەستن. ئەوە بو کە لە حودەیبیەدا سەد سوار خۆیان ئامادە کرد کە بێن بدەن بە سەر پێغەمبەری خواﷺدا بەڵام خوای گەورە کارێکی وای کرد کە ئەوان هەمویان لەلایەن موسڵمانەوە بەدیل گیران. هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەمە سەبارەت بە (بنی نضیر) دابەزیوە، وەختی ویستیان بەرد ئاشێك بخەن بە سەر پێغەمبەردا کاتێ کە تەشریفی بردە لایان کە یارمەتی بدەن سەبارەت بە خوێنی دوو کەسی (عامری) جا ئەوان لەو کاتەدا عەمری کوڕی جەحاشی کوڕی کەعبیان کرد بە لێپرسراوی ئەو کارەو وتیان: ئەگەر پێغەمبەرﷺ دانیشت لە ژێر ئەو دیوارە داو کۆبونەوە لێی ئەو بەرد ئاشە لەسەربانەوە بدە بە سەر سەریا ، خوای گەورە ئاگاداری کردەوە لە سەر ئەو گفتو گۆو بڕیارانە، ئێنجا پێغەمبەرﷺ گەڕایەوە بۆ ناو شارو یارەکانیشی دوای کەوتنو بە دوای ئەم روداوەدا خوای گەورەو دانا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە :

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ .. الایه ﴾

جا پاش ئەوەی کە خوای گەورە داوای لە بڕوا داران کرد کە بەڵێنەکانی خۆیان بدەنە سەرو باسی ئەو نیعمەتانەی کرد کە داویەتی پێیان وا باسی جولەکەو گاور دەکات کە چۆن هەموو پەیمانو بەڵێنیان شکاند ئیتر بەر تانەو نەفرینی خوا کەوتنو گوێیان کەڕ بوو لە بیستنی راستیو چاویان کوێر بوو لەو هەموو بەڵگە رۆشنانەو دڵیان بێجگە لە نەفامیو نەزانین هیچی تری وەرنەئەگرتو دەفەرموێ:

(١٢) بەراستی خوای گەورە پەیمانی وەرگرت لە کوڕانی ئیسرائیلو فەرموی: ئەوە دوانزە سەرکردەو سەرپەرشتمان لێ هەڵبژاردنو فەرموی: من لە گەل ئێوەدامو یارمەتیتان دەدەم ئەگەر ئێوە نوێژەکانتان بە رێك وپێکی ئەنجام بدەنو زەکات بدەنو باوەڕ بێنن بە پێغەمبەرەکانمو دژایەتی هیچیان نەکەنو رێزیان لێ بگرن بەپەیڕەوی کردنیان ئەگەر شتتان لە بەر خاتری خوا بەخشی بە تایبەت لە پێناوی بڵاو کردنەوەی ئاینەکەیدا ، با دڵنیا بن کە ئێمە هەموو گوناهەکانتان لە سەر لادەبەینو پاکتان دەکەینەوەو بە دڵنیاییەوە لە رۆژی قیامەتیشدا دەتان خەینە ناو بەهەشتانێکەوە کە لە ژێر ئەو بەهەشتانەدا چەندین جۆگە بە هەمیشەیی دەڕوات ، جا هەر کەسێك لە ئێوە کافر بێت پاش ئەم هەموو راستیانەی کە بۆتان رۆشن کرایەوەو دوای ئەم هەموو داستانو ئامۆژگاریانەی کەبیستتان، جا بە راستی ئەو کەسە راستە رێگای لێ ون بوەو کەوتوەتە لارێ. جابیری کوری سەمورە دەڵێت بیستم لە پێغەمبەرﷺ کە دەیفەرموو: {لَا يَزَالُ أَمْرُ النَّاسِ مَاضِيًا مَا

وَلِيَهُمْ اثْنَا عَشَرَ رَجُلًا ثُمَّ تَكَلَّمَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِكَلِمَةٍ خَفِيَتْ عَلَيَّ فَسَأَلْتُ أَبِي مَاذَا قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ كُلُّهُمْ مِنْ قُرَيْشٍ / البخاری ومسلم واللفظ له / کارو باری ئەم خەڵکە بە باشی دەڕوات هەتا سەرپەرشتی ئەوان دەکەن دوانزە پیاو لە پاشان قسەیەکی فەرموو بە هێواشی تێ نەگەیشتم‌و پرسیارم لە باوکم کرد کە پێغەمبەرﷺ چی فەرمو؟ وتی: فەرموی هەموویان لە قوڕەیش دەبن} ئیبنو کەسیر لەو بارەوە دەڵێ: مانای ئەم فەرودەیە موژدەیە بە بونی دوانزە خەلیفەی صالح کە بەراستی رەفتار دەکەن‌و دادپەروەرانە دەبن لە ناویانداو پێویست ناکات ئەم دوانزە کەسە یەك بە دوای یەکدا بێت بەڵکو چواریان بە دوای یەکدا هاتون کە (ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان‌و عەلیە)و لەوانەیە عمری کوری عبدالعزیزو بێ گومان هەندێ لە بەنی عەباسیش‌و هەرگیز قیامەت نایەت هەتا ئەم دوانزە کەسە بە تەواوی فرمان رەوایی نەکەن‌و ئەوەش کە ڕونە ئەو مەهدیەی کە لە فەرمودەکانی پێغەمبەر دا باسکراوە لەوانە، ئەمە ئەو مەهدیە چاوەڕێ کراوەی رافیزیەکان نیە لە سەردابی سامەڕا، ئەوە هیچ بناغەیەکی راستی نیەو هیچ شتێکی وایش نیە ، بەڵکو ئەوە بۆ چونی هەندێ عەقڵی بێ قیمەتەو خەیاڵاتی چەند دڵێکی نەخۆشەو مەبەست لەم دوانزە خەلیفە ئەو دوانزە خەلیفەی ئەوان نییە وەك بیری لێ دەکەنەوەو باسی دەکەن. تەواو بو بە کەمێ دەستکاریەوە. ئینجا خوای گەورە درێژە بە باس کردنی رەوشتە بێ نرخەکانی جولەکە دەداو دەفەرموێ:

(١٣) جا بە هۆی ئەوەی کەئەوان پەیمانە بە هێزەکەی خۆیانیان شکاند ئێمەیش نەفرینمان لێ کردن‌و ئێمە دڵەکانی ئەوانمان رەش کردو هەستی هیچ خەیرو خۆشیەکیان نەدەکرد کە ئەمانە دەستیان کردوە بە گۆڕینی ئایەتەکانی خوا هەم لە وشەکانی داو هەم لە خوێندنەوەی دا تەنانەت لەم دواییانەدا هەندێ لە گاورەکانی ئەوروپا دانیان ناوە بەم گۆڕانەداو خۆئەگەر ئەوانیش دانی پێدا نەنێن ئێمە دڵنیاین کە قسەی خوا راستەو ئەوان تەورات‌و ئینجیلیان گۆڕیوەوە لە بیریان چویەوە بەشێك لەوەی کە ئامۆژگاریان پێ کرا بوو ئێستاش بێ پسانەوە تۆ دەبینیت‌و دەزانیت کە ئەوان هەر خەریکی ئیشی ناپەسەندو خیانەت کارین سەبارەت بە خۆت‌و یارەکانت ئەی محمدﷺ مەگەر کۆمەڵێکی کەمیان نەبێت وەکوعەبوڵای کوڕی سەلام کەوابوو تۆ لێیان ببورەو پشتیان تێبکە، بێگومان کە ﷲ چاکە کارانی خۆش دەوێت. ئەمە بەر لە دەرچونی بڕیاری جیهادە ، واتە: ئەم ئایەتە حوکمەکەی هەڵوەشاوەتەوە بە ئایەتەکانی جیهاد، ئینجا پاش جولەکە خوا باسی گاورەکان دەکات‌و دەفەرموێ:

وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذْنَا مِيثَٰقَهُمْ
فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَاوَةَ
وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ
بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ (١٤) يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ
قَدْ جَآءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا
كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَيَعْفُواْ عَن
كَثِيرٍ ۚ قَدْ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٌ وَكِتَٰبٌ
مُّبِينٌ (١٥) يَهْدِى بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَهُۥ
سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ وَيُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى
ٱلنُّورِ بِإِذْنِهِۦ وَيَهْدِيهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ
(١٦) لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ
ٱبْنُ مَرْيَمَ ۚ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا إِنْ أَرَادَ
أَن يُهْلِكَ ٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِى
ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ۗ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ
وَمَا بَيْنَهُمَا ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ (١٧)

(١٤) خۆ لەو کەسانەش کە دەیان وت ئێمە گاورین پەیمانمان لێ وەرگرتن جائەوانیش هەروەکو جوەکان بەشێکیان لەو ئامۆژگاریانەی کە پێیان وترابوو لە بیر چویەوە ئینجا بە بۆنەی ئەوەوە ئیتر ئێمەش ڕق‌و قینمان لە ناویاندا هەڵگیرساند کە وامان لێ کردن هەمیشە شەڕو رقەبەری هەبێت لە ناویاندا ئەوەتە دەبینین کە گاور نەك هەر خۆیان چەند مەکتەبی دژی یەکن ، بەڵکو خاوەنی چەند ئینجیلی گۆڕاون هەرچەند لە پێشەوە یەك ئینجیل بوە، ئینجا خوا هەڕەشەیان لێ دەکات‌و دەفەرموێ: وە بەم زوانە کە لە رۆژی قیامەتدایە خوای گەورە خەبەریان دەداتێ بەوەی کە دەیانکردو تۆڵەیان لێ دەسێنێ‌و توانای هیچ پەلە قاژەیەکیان نامێنێت. وە ئەمە هەڕەشەیشە لە ئێمە، چونکە ئەمڕۆ ئێمەش وەکو ئەوان زۆرێك لەو شتانەی کە ئامۆژگاریمان پێ کراوە لە بیری خۆمان بردوەتەوەو پارچە پارچە بووین‌و دوچاری هەمان بەدبەختی وسەرشۆڕی ئەوان بووین‌و لەدژی یەکتر ئیش دەکەین؟! ناوو شۆرەت‌و کورسی‌و پارە بۆ ئەم ئوممەتە وەك ژاری مارە وشیرینێکی پڕ لەژارە.

وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥۚ قُلۡ
فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُمۖ بَلۡ أَنتُم بَشَرٞ مِّمَّنۡ خَلَقَۚ يَغۡفِرُ لِمَن
يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُۚ وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ
وَمَا بَيۡنَهُمَاۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ١٨ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ
رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ عَلَىٰ فَتۡرَةٖ مِّنَ ٱلرُّسُلِ أَن تَقُولُواْ مَا جَآءَنَا
مِنۢ بَشِيرٖ وَلَا نَذِيرٖۖ فَقَدۡ جَآءَكُم بَشِيرٞ وَنَذِيرٞۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ
شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٩ وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ ٱذۡكُرُواْ
نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ جَعَلَ فِيكُمۡ أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكٗا
وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمۡ يُؤۡتِ أَحَدٗا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٠ يَٰقَوۡمِ ٱدۡخُلُواْ
ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِي كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَلَا تَرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَارِكُمۡ
فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ٢١ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوۡمٗا جَبَّارِينَ
وَإِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَا حَتَّىٰ يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا فَإِن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا
فَإِنَّا دَٰخِلُونَ ٢٢ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ
أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمَا ٱدۡخُلُواْ عَلَيۡهِمُ ٱلۡبَابَ فَإِذَا دَخَلۡتُمُوهُ
فَإِنَّكُمۡ غَٰلِبُونَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٢٣

(١٥) ئەی ئەهلی کتێب بە ڕاستی هاتە لاتان پێغەمبەری ئێمە کە محمدﷺ ـە کە ئاشکرای دەکات بۆتان زۆر لەو شتانەی کە ئێوە دەیشارنەوە لەو کتێبەی خۆتان وەك ئایەتی ڕەجم کە دەیان ویست بڵێن: لە تەوراتدا نیەو چاو پۆشیشی کردوە لە زۆر شتیش، چونکە نایەوێت ئابڕوتان ببات بەڵکو دەیەوێت ڕێنمایتان بکات بە ڕاستی هاتە لاتان لە لایەنی خواوە روناکیەکی گەورە کە محمدﷺ ـەکە خوای گەورە پێغەمبەری بە نورو روناکی داناوە هەروەکو روناکی تاریکی لادەبات‌وڕێگای ڕاست ڕۆشن دەکاتەوە وپەڕاوێکیش کە ڕاست‌و ناڕاست لەیەك جیا دەکاتەوە کە قورئانە.

(١٦) خوا بەو کتێبە یان بەو پێغەمبەرەﷺ ڕێنمایی دەکات ئەو کەسەی کە پەیڕەوی ئەو شتانە بکات کە دەبن بە هۆی ڕەزامەندی خواو دەریان دەهێنێت لە تاریکیەکانەوە بۆ روناکی، وە خوا ڕێنماییان دەکات بۆ گرتنی ڕێگای ڕاست کەڕێگای پێغەمبەران‌و ڕاستگۆیان‌و چاکان‌و شەهیدانە دیسان خوای زاناو دانا یەکێکی تر لە ڕەوشتە ناپەسەندەکانی گاورەکانمان بۆ باس دەکات‌ودەفەرموێ:

(١٧) دڵنیا بن ئەو کەسانەی کە وتیان: بە ڕاستی خوا هەر مەسیحی کوڕی مەریەمە ئەوانە کافر بوون، دەی بڵێ کێ خاوەنی شتێکە لە لایەنی خواوە ئەگەر خوا بیەوێت مەسیح‌و دایکی مەسیحیش‌و هەرچی وا لەم سەر زەوییەدا بیکوژێت؟ کێ هەیە دەستی خوا بگرێت؟ دەی ئەگەر مەسیح خوایە بۆ دەستی خوا ناگرێت با لە بەین نەچێت‌و با نەهێڵێت دایکی بمرێت؟ ژێر بن. وە ئەوەی لە ئاسمانان‌و زەویدا یە هەمووی موڵکی خوایە ، عیسایش یەکێکە لەوان‌و موڵکی خوایەو دروست دەکات ئەوەی کە ئارەزۆی لێ بێت‌و کەس ناتوانێت دەست بخاتە کاروباریەوە، چونکە خوا دەسەڵاتی بە سەر هەموو شتێکدا هەیە ، بەڵێ دروست بونی عیسا (على نبينا وعليه السلام) شتێکی زۆر گرنگ‌و سەرسوڕهێنەرەو دەڵێن: ئەگەر خوا نیە ئەی چۆن بێ باوك دروست بوە ڕاستە شتێکی زۆر گرنگە، بەڵام ئەی ئێوە نازانن کە خۆی لە دایکێك دروست بوە کەوابوو هەر موحتاجە بە دایك ، بە بێ دایك هەر نەبوە خۆ شتێ لەوە گەورەتر هەیە کە ئادەمەو الله دروستی کرد بە بێ دایك‌و باوك، بەم شێوەیە خوا دەمکوتی ئەوانە دەکات کە عیسا بە خوا دەزانن کە بەشێکن لە گاور بە ناوی یەعقوبیەوە ناو دەبرێن، هەروەها زیاتر خوا پێناسەی ئەهلی کتێبمان بۆ دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٨) جولەکەو گاور دەڵێن: ئێمە کوڕی خواین‌و دوستانی ئەوین، جا ئەمە ئەوە نەبێ هەردووکیان بە یەکەوە ئەوەیان وتبێت بەڵکو ئەوانیش یەکتر بە ڕاست نازانن‌و هەر کامیان هەر خۆی بە ڕاست دەزانێ‌و هەرخۆی بە کوڕی خواو دۆستی خوا دەزانێت.

ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن ئەوان کوڕی خودان‌و دۆستی ئەون دەی خودا بۆچی سزاتان دەدات بە بۆنەی گوناهەکانتانەوە؟ بەڵکو ئێوەش بەشەرێکن لەوانەی کە خوای گەورە دروستی کردون کەچاوپۆشی دەکات لەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت‌و سزا دەدات ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت، واتە: هیچ کەسێك خزمایەتی‌ودۆستایەتی لە گەڵ خوادا نیەو بە گوێرەی چاکی‌و خراپی خۆی پاداش یان سزا وەردەگرێت و ئەوەی لە ئاسمانان‌و زەوی دایەو ئەوەش کە لە نێوانیان دایە بە گیاندارو بێ گیانەوە هەمووی موڵکی ﷲ یەو لە دواییدا هەموو هەر لەلای ئەوجێگای دەبێت. جێگای وردبوونەوەیە کە داستانی موساو بەنی ئیسرائیل لە داستانی هەموو پێغەمبەرانی تر زیاتر باس کراوە لە قورئان دا لە بەر چەندین هۆی گرنگ کە ئەمە هەندێکیان:

یەکەم ـ تا موسڵمانان ئەم چینە ناپاکە چاك بناسنو خۆیان لە شەڕیان بپارێزن.

دووهەم ـ تا موسڵمانان بترسنو ئەوانیش ئا بە شێوەی ئەوان لە گەل ئەم پێغەمبەرەی ئاخر زەمان ﷺدا رەفتار نەکەن تا دوچاری نەفرینو سزای خوا نەبن.

سێهەم ـ مانای وایە کە ئەم گەلە ناپاکە بە درێژایی تەمەنی ئەم ئایینە نەمێنێتەوە.

چوارەم ـ تا ستەمکاران بترسنو ئەو بە سەر هاتەی فیرعەون بکەن بە دەرسو هەرچی زوتر دەست لە تاوانو ستەمکاریو دژایەتی ئەم ئاینە بکێشنەوە هەر چەند تاوانو ستەم بکەن هەر بەو هێزە دەگەن کە فیرعەون پێی گەیشت.

پێنجەم ـ تا بانگ کەرانی رێگای خوا بێ باکانە درێژە بە بانگەوازی خۆیان بدەنو بزانن هەرچی خوا نەیکات کەس ناتوانێ بیکات خۆفیرعەون بۆ لە ناو بردنی موسا کاتێ لە سکی دایکیا بوو هەوڵی دەدا، بەڵام خوا ناردیە ماڵی فیرعەونو هەر بە فیرعەونو ماڵی فیرعەون موسای گەورە کرد.

شەشەم ـ تا بانگ کەرانی ئایین خۆیان رابێنن لە سەر تەنگو چەڵەمەو برسیتیو بزانن کە ئایندە هەربۆ خواو پەیرەوانیەتیو نەمانو سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی خواو ئاینەکەیەتی کە ئەمانەو دەیان سودی تر لەو داستانانەوە بە زەقی دەردەکەوێتو خوا یار بێ لە هەر جێگایەکدا شتێکی لێ باس دەکەین.

جارێکی تر خوای گەورە رو دەکاتەوە ئەهلی کتێبو نیعمەتی رەوانە کردنی پێغەمبەرانیان دەخاتەوە بەر چاوو دەفەرموێ:

(١٩) ئەی ئەهلی کتێب پاش ئەوەی کە ماوەیەکە پێغەمبەر نەهاتوە بەراستی وا پێغەمبەری ئێمە کە محمدە ﷺ هاتوەتە لاتانو هەرچی پێویست بێت بۆتان رون دەکاتەوە تا نەڵێن: نەهاتوتە لامان موژدە دەرو ترسێنەر، دەی وا هاتە لاتان موژدە دەرو ترسێنەر موژدە دەدات بەو کەسانە کە ئیشی چاك دەکەن بە بەهەشتو رەزامەندی خواو بە سەرکەتنی دنیاو قیامەت، هەروەها دەیان ترسێنێت لە پاشە رۆژی ئیشی خراپو سەر شۆڕیو سزای قیامەت تا بەڵکو ژیرانە بیر بکەنەوەو لەو ئیشە خراپانە واز بهێنن تا خوا لێیان خۆش بێت. بەراستی ﷲ توانای هەیە بەسەر هەموو شتێکدا. ئینجا دەفەرموێ:

(٢٠) باس کە ئەی محمد ﷺ ئەوکاتەی کە موسا بە گەلەکەی خۆی وت: ئەی گەلی من بیر بکەنەوە لەو نیعمەتە گەورەی کە

قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَآ أَبَدًا مَّا دَامُوا۟ فِيهَا ۖ فَٱذْهَبْ
أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ ﴿٢٤﴾ قَالَ رَبِّ
إِنِّى لَآ أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِى وَأَخِى ۖ فَٱفْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ ٱلْقَوْمِ
ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٥﴾ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ ۛ أَرْبَعِينَ سَنَةً ۛ
يَتِيهُونَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ
﴿٢٦﴾ ۞ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱبْنَىْ ءَادَمَ بِٱلْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا
فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ ٱلْءَاخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ ۖ
قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾ لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَىَّ يَدَكَ
لِتَقْتُلَنِى مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٍ يَدِىَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ
رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ إِنِّىٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثْمِى وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ
مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَطَوَّعَتْ
لَهُۥ نَفْسُهُۥ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٣٠﴾
فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِى ٱلْأَرْضِ لِيُرِيَهُۥ كَيْفَ يُوَٰرِى
سَوْءَةَ أَخِيهِ ۚ قَالَ يَٰوَيْلَتَىٰٓ أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَٰذَا
ٱلْغُرَابِ فَأُوَٰرِىَ سَوْءَةَ أَخِى ۖ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ ﴿٣١﴾

خوا داویەتی پێتان کە لە خۆتان چەندین پێغەمبەری ناردوە ، وە ئێوەی کردوە بە پاشاو شتانێکی داوە بە ئێوە کە نەی داوە بە خەڵکی تری ئەو سەردەمە لەوانە گەزوەو شیلاقەو سێبەری هەورو دەیان شتی تری سەر سوڕ هێنەر. بەڵێ هەر پێغەمبەرێك لە دنیا دەرچوو بێت ﷲ پێغەمبەرێکی تری ناردوە بۆیان کە دواتریان عیسا بوو، وشەی (ملوك) بەو کەسە دەڵێن کە ماڵو خزمەتکاری ببێت.

(٢١) ئەی گەلی من بچنە ئەو زەویە پیرۆزەی کە خوا دایناوە بۆتان کە قودسەو پاشگەز نەبنەوە لەم دینەو لەم بیروباوەڕە بە راستی زیانکار دەبنو دەبن بە گەلێکی رەنجەڕۆ. بەڵێ موسا ئا بەم شێوەیە ئامۆژگاری ئەوانی کرد بەڵام ئەوان :

(٢٢) وتیان: ئەی موسا لەوێ گەلێکی خاوەن دەسەڵاتو خاوەن هێز هەیەو ئێمە هەرگیز ناچینە ئەو جێگایە هەتا خۆیان دەرنەچن لەو جێگادا جا ئەگەر ئەوان دەرچوون لەو جێگادا ئەو کاتە ئێمە دەچینە ناویەوە.. ئاشکرایە لە ناو هەموو گەلێکدا چاكو خراپ هەیەو دەبێو بووە بەڵام ئەگەر خراپەکان زۆر بوون وەکو جولەکە ئەوە ئیتر رۆژ رەشیو بەدبەختیە لێرەش دوو نەفەری چاکیان هەبوو وەکو خوا دەفەرموێ:

(٢٣) دوو پیاو له ناو ئەواندا كە لە خوا دەترسان‌و خواش نیعمەتی خۆی رژاند بو بە سەریانداو پەیڕەوی راستەقینەی موسابوون دەستیان كرد بە ئامۆژگاری گەلەكەیان‌و ترساندنیان لە پاشە رۆژی ئەم سەر پێچی‌و نالە باریەی كە دەربارەی موسا كردیان‌و وتیان: بچن‌و لەدەرگای شارەكانیانەوە بڕۆنەناوەوە جا ئەگەر ئێوە چونە ناو شارەكەوە ئیتر بزانن كە ئێوە سەر كەوتوو دەبن‌و تەنها پشت بە خوا ببەستن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن‌و لەدەسەلاّت‌و هێزی ئەوان مەترسن. ئەم دوو پیاوە لە خوا ترسە ئا بەو شێوەیە ئامۆژگاری ئەو گەلەیان كرد بەلاّم بە گشتی :

(٢٤) وتیان: ئەی موسا هەرگیز تا ئەوان لەو شارەدابن ئێمە ناچینە ناوییەوەو شەڕ ناكەین جا تۆو خواكەت بڕۆن شەڕ بكەن، ئێمەش ئا لێرەدا تەماشاچی لێی دادەنیشین، بەڵێ ئەو گەلە هەر پێیان خۆش بوو كە تەماشا چی بن نەك پیاوی مەیدان، بەلاّم ئەمڕۆ كە موسڵمانان پارچەپارچەن‌وراست نین لە گەل یەكتردا ئەوانن پیاوی شەڕوداگیر كردن ، جا تەماشا كەن ئەو قسە ناشیرینەی ئەوان‌و وەلاّمی یارە پیرۆزەكانی پێغەمبەرﷺ كە لە بەدرا وتیان: ئەگەر فرمان بدەیت بە چونە ناو دەریاوە هەر تۆ چویت ئێمە هیچ كاممان دوا ناكەوین‌و دەپەڕینە ناویەوە،وەكو گەلی موسا نالێین :﴿ فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ ﴾ بەڵكو دەڵێین: تۆو خوای خۆت شەڕ بكەن ئێمەش لە گەڵتانین بە راستی پێغەمبەریش ﷺچاك یارەكانی خۆی ناسیوەو شایستەی ئەوە بوون كە پێغەمبەری خواﷺ ئەم دوعایەی بۆ كردن‌و فەرموی: خوایە ئەگەر ئەم كۆمەڵە لە بەین بچێت ئیتر لەم زەویەدا كەس ناتپەرستێت بەڵێ پێغەمبەرمان ﷺ ئاوەهای دەگوت بە یارەكانی خۆی ، بەلاّم موسا چی بەوان وت؟.

(٢٥) وتی: خوایە ئیتر من بێجگە لە خۆم‌و براكەم دەسەلاّتی كەسی ترم نیە، واتە: كەس بە گوێم ناكات دەی خوایە ئێمەو ئەم گەلە فاسقە لەیەك جیا بكەرەوەو حیسابی ئێمەو ئەوان بە یەكەوە مەكە. ئیتر ئەوە بوو خوا نزاكەی لێ وەرگرت‌و ئەوان كەوتنە ئەو سەرگەردانیەوە بەلاّم موساو هارونی برای زۆر بە دڵێكی ئارامەوە باسی ئایین‌و خوا پەرستیان دەكرد ، وا دەردەكەوێت ئەم جیا بونە بەو مانایە نەك ئەمان بە لەش جیا ببنەوە لە گەلەكەیان ـ هەر خوایش زانایە ، خوای زاناو دانا لە وەلاّمی موسادا دەفەرموێ :

(٢٦) مادام ئەوان ئاواسەرپێچی فرمانی موسایان كردو نەچونە شارەكەوە، سا ئیتر نابێ ئەوان بچنە ناو ئەو شارەوە چل ساڵ بە سەرگەردانی‌و هەوانتەدەگەڕێن بە سەر زەویدا. بەڵێ خوای گەورە خاوەنی هێزەو ئەگەر بیەوێت سەر لە كەسێك بشێوێنێت ئاوەهای لێ دەكات؟! كەوابوو ئەی موسا تۆ نارەحەت مەبە لە سەر ئەو سەرگەردانی‌و سەر لێشێوانەی ئەو گەلە سنور بەزێنە، چونكە خۆیان سەر لە خۆیان دەشێوێنن‌و حەز بە رابواردن دەكەن نە جیهادو خەبات، گەنجیش بێ رەنج نەبوەو نابێت ، پاش ئەوەی كە ئەم داستانەی بۆ باس كردین، ئینجا خوای گەورە داستانێكی ترمان بۆ باس دەكات كە زۆر زۆر لە پێش زەمانی موسادا بووە كە باسی حەسادەتی نێوان دوو كوڕی ئادەمەو دەفەرموێ:

(٢٧) ئەی محمدﷺ بخوێنەرەوە بۆ ئەوان دەنگو باسی دوو كوڕەكەی ئادەم كە دوو كوڕی هەبوون بە ناوی قابیل‌و هابیلە وە كاتێك كە هەردووكیان قوربانیان كرد ، قوربانی یەكێكیان وەرگیراو قوربانی ئەوی تریان وەرنەگیرا، ئینجا رق‌و ئیرەیی سەری هەڵداو قابیل سوێندی خواردو وتی: دەتكوژم بۆ قوربانی تۆ وەرگیراو هی من وەرنەگیرا؟ ئەویش وتی: خوا لە موتەقیان وەردەگرێت لەوە دەچێ كە تۆ پارێزكار نەبیت بۆیە خوای گەورە لێیوەر نەگرتویت ، ئیتر گوناهی من لەوەدا چیە كە قوربانی من وەرگیراوەو هی تۆ وەرنەگیراوە؟

(٢٨) بە راستی ئەگەر تۆ دەست درێژی بكەیتە سەرم‌و بمكوژی من دەست دریژی ناكەمە سەر تۆ بۆئەوەی كە بت كوژم چونكە بێگومان من لە خوا دەترسم كە پەروەردگاری عالەمە.

(٢٩) بێگومان من دەمەوێت كە تۆ بە گوناهی كوشتنی من‌و بە گوناهی خۆتەوە ببیت بە رەفیقی ئاگری جەهەننەم‌و ئا ئەوەیە سزای ستەمكاران. جا ئەوە مومكینە هەر قسەی هابیل بێت كە بە قابیلی وتبێت یان فەرمودەی خوا بێت ، خوا دەفەرموێ: سزای ستەمكاران ئاوەهایەو هەر كەسێك ئاوای كرد دەچێتە ناو ئاگری جەهەننەمەوە، لێرەدا دەفەرموێ: بە گوناهی من‌و بە گوناهی خۆتەوە هەندێك وتویانە هەر كەسێك كەسێك بكوژێت ئەو كابرایە چەند گوناهی هەبێت ئەكەوێتە سەر شانی بكوژ، بەلاّم مانای پێشو راسترە چونكە خوا دەفەرموێ: ﴿ هیچ نەفسێكی تاوانبار تاوانی نەفسێكی تر هەڵناگرێت﴾ دەڵێن:

یەکەم کەسێك لەم ئۆمەتەدا کەمانای ئەم ئایەتەی ئەنجام دابێت (عوسمانی کوری عەفان) بووە کاتێ کە هاتنە سەری. پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {إِذَا تَوَاجَهَ الْمُسْلِمَانِ بِسَيْفَيْهِمَا فَكِلَاهُمَا مِنْ أَهْلِ النَّارِ قِيلَ فَهَذَا الْقَاتِلُ فَمَا بَالُ الْمَقْتُولِ قَالَ إِنَّهُ أَرَادَ قَتْلَ صَاحِبِهِ /متفق عليه/ هەر کاتێ دوو موسڵمان روبەڕوی یەکتر بونەوە بە شمشێرەکانیان (چەکەکانیان)و یەکێکیان یەکێکیانی کوشت هەر دوو لە ناو ئاگردان ، وتیان: ئەی پێغەمبەری خواﷺ بکوژ حەقی خۆیەتی ئەی کوژراو بۆچی؟ فەرموی: بە راستی ئەویش ویستویەتی رەفیقەکەی خۆی بکوژێت} ئاوا بەو شێوەیە هابیل خۆی دایە دەستی قابیل، بەڵام قابیل شەیتان وای لە خشتە برد بوو هیچ بەزەیی بەم برای خۆیدا نەهاتەوەو لەو ئارەزۆ پیسە دەستی نەکێشایەوە تا سەرئەنجام دەستی خستە خوێنی براکەی وەك خوای گەورەو دانا دەفەرموێ:

(٣٠) ئینجا نەفسی کوشتنی براکەی بۆ چاك کرد. دەڵێن: ئەی دەزانی چۆنی بکوژێ، چونکە تا ئێستا کوشتن‌و نەمانی نەدەزانی‌و شەیتان هات‌و نەفەرێکی هێنا سەری نایە سەر بەردێك‌و بە بەردێکی تر لە سەری دا هەتا سەری پان کردەوە، ئینجا شەیتان بە پەلە ئەم هەواڵەی دا بە حەوای دایکی‌و وتی: قابیل هابیلی کوشتوەو حەوایش وتی: ئەوە چی دەڵێیت؟ کوشتن چیە؟ وتی: ئەوەیە نە نان دەخوات‌و نە ئاوو نە دەجوڵێت ، وتی: مردنە؟ وتی: بەڵێ مردنە ، ئیتر دایکە حەوایش هاواری کردو ئادەم هاتە لای‌و ئەو هەر هاواری دەکرد وتی: ئەو چیتە؟ هیچ وەڵامی نەدایەوە دوو جار هاتە لای هەر هیچ وەڵامی ئادەمی نەدایەوەو هەر هاواری دەکرد، ئیتر ئادەمیش وتی: ئەم هاوارو ڤیرەو ڤاڵە هەر لە سەر خۆت‌و کچەکانت بێت‌و من‌و کوڕەکانی لێ دوور بێت (تەبەری‌وئیبنوکەسیر لەئیبنوئەبی حاتەمەوە).

ئا بەو شێوەیە قابیل براکەی خۆی کوشت‌و یەکەم کەس بوو کە کوشتنی داهێناو بو بە هاوبەشی هەموو خوێنێکی ناڕەوا هەتا ئینسان لە سەر زەویدایە وەك پێغەمبەرمانﷺ فەرمویەتی: {لَا تُقْتَلُ نَفْسٌ ظُلْمًا إِلَّا كَانَ عَلَى ابْنِ آدَمَ الْأَوَّلِ كِفْلٌ مِنْ دَمِهَا لِأَنَّهُ كَانَ أَوَّلَ مَنْ سَنَّ الْقَتْلَ /البخاري ومسلم وغيرهما/ هیچ کەسێك بە بێ تاوان ناکوژرێت،مەگەر بەشێك لە تاوانی کوشتنەکەی بدرێت بە سەر ئەول کوڕی ئادەم (قابیل)دا،چونکە ئەو یەکەم کەس بوو کە کوشتنی داهێنا} کەوابوو قابیل بەو ئیشە خراپەی توشی ئەو بەدبەختیە گەورەیە بوو جا لە بەر

مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ
نَفْسًۢا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِى ٱلْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ
ٱلنَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحْيَا ٱلنَّاسَ
جَمِيعًا ۚ وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا
مِّنْهُم بَعْدَ ذَٰلِكَ فِى ٱلْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ (٣٢) إِنَّمَا
جَزَٰٓؤُا۟ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ
فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓا۟ أَوْ يُصَلَّبُوٓا۟ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ
وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَٰفٍ أَوْ يُنفَوْا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ ۚ ذَٰلِكَ
لَهُمْ خِزْىٌ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ
(٣٣) إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهِمْ ۖ فَٱعْلَمُوٓا۟
أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٣٤) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱبْتَغُوٓا۟ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُوا۟ فِى سَبِيلِهِۦ
لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٣٥) إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْ أَنَّ
لَهُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفْتَدُوا۟ بِهِۦ مِنْ
عَذَابِ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٣٦)

ئەوە بۆ هەمیشە چوە ریزی خەسارەت مەندانەوە جا هەروەکو یەکەم کوشتن بوە وادەردەکەوێت کەیەکەم شاردنەوەی مرۆڤیش بوە بۆیە نەی زانیوە چۆنی بشارێتەوە جا چەندی پێچوە راستیەکەی هەر خوا خۆی دەزانێت، هەروا لەو ناوەدا دایان نا تا خوا ماموستایەکی بۆ ناردن . دەڵێن دوو ڤەلە رەشە لە بەر چاوی ئەواندا بە شەڕ هاتن‌و یەکێکیان یەکێکیانی کوشت وەك دەفەرموێ:

(٣١) خوای گەورە ڤەلە رەشەیەکی نارد کە زەوی هەڵکەنێ ، جا هەر زەوی هەڵکەند بێت یان وەکو وتمان رەفیقی خۆی کوشتبێ‌و شاردبێتیەوە، بە هەر حاڵ تا پێشانی بدات کە چۆن تەرمی براکەی بشارێتەوە ، جا کە ئەوەی دیت وتی: هاوار بۆ من ئایا من لەو ڤەلە رەشە بێدەسەڵات ترم کە تەرمی براکەی خۆم بشارمەوە؟ ئینجا پاش شاردنەوەی پەشیمان بویەوە. ئیتر نازانین کە ئەو پەشیمان بونەوەیە تەوبە بوە یان نە ئەوە بو پێغەمبەرمانﷺ فەرموی: هەتا رۆژی ڤیامەت هەر کەسێك بە ناحەق بکوژرێت بەشێکی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، چونکە یەکەم کەسە کە کوشتنی داهێناوە ئەمەش مانای کافر بوون ناگەیەنێت کەسێکیش کافر نەبێت هەر رزگاری دەبێت لە جەهەنەم ئەگەر چی ماوەیەکی ئێجگار زۆریش لە جەهەنەمدا بمێنێتەوە ، وە لە فەرمودەیەکی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە کە

دەفەرموێ: { مَا مِنْ ذَنْبٍ أَجْدَرُ أَنْ يُعَجِّلَ اللَّهُ لِصَاحِبِهِ الْعُقُوبَةَ فِي الدُّنْيَا مَعَ مَا يَدَّخِرُ لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ الْبَغْيِ وَقَطِيعَةِ الرَّحِمِ/رواه الترمذي وغيره وصححه الألباني/ هیچ تاوانێك شایستە تر نیە کە خوا بە پەلە لە دنیا دا تۆڵەی لێ وەربگرێ لە گەل ئەو سزا گەورەیەش کە دایناوە بۆی لە پاشەرۆژدا لە ستەمو لە بچڕانی پەیوەندی خزمایەتی} کە لە راستیدا لەم رووداوەی قابیلدا هەردوویان هەیە، جا بەم شێوەیە خوا جوەکان دەترسێنێت لە نیەتە پیسەکەیان سەبارەت بە پێغەمبەرمان ﷺو دەفەرموێ :

٣٢ هەر لە بەر خاتری ئەو کوشتنە ناڕەواو خود سەرانە تا جارێکی تر ئەو جۆرە تاوانانە نەکرێت وا ئێستا ئێمە یاسایەکی توندو تیژ دادەنێین لە سەر جوەکان کە بەم شێوەیە: بە بێگومان بڕیارئەوەیە کە هەر کەسێك کەسێك بە ناڕەوا بکوژێت نە کەسی کوشت بێت وە نە خراپەی لە زەوی دا بڵاوکردبێتەوە هەر کەسێك نەفسێك بەو شێوەیە بکوژێت وەکو ئەوە وایە کە هەموو خەڵکی کوشت بێت، چونکە دڵەراوکەو نائارامی بۆ هەموو کەس پەیدا دەبێتو مرۆڤ هەموو گیانیان دەکەوێتە مەترسیەوەو ناسودەیی لە ناو خەڵکا هەڵدەگیرێتو هەر کەسێك کەسێك لە مەرگ رزگار بکات وەك ئەوە وایە کە هەموو خەڵکی ژیاندبێتەوە چونکە مادام داکۆکی کرا بۆ رزگار کردنی گیانی کەسێك هەموو کەس دڵخۆشەو وا هەست دەکات کە ئەویش هەر وا پارێزراو دەبێتو هێوری‌و ئاسایش باڵ دەکێشێ بە سەر ژیانی هەموو خەڵکدا، وەك لە سورەتی بەقەرەدایەتی/سەدوحەفتاونۆدا دەفەرموێ:﴿ وە لە تۆڵە سەندنەوەدا ژیان هەیە بۆتان ﴾ ئینجا دەفەرموێ: بە راستی هاتوەتە لاتان پێغەمبەری ئێمە بە نیشانە گەلی ئاشکراو روون، بەڵام زۆربەی ئەوان لە پاش ئەو هەموو راستیە کە دەیزانن زیادە رەون لەم سەرزەویەداو سنورە کان دەبەزێنن‌و فەسادو خراپە بڵاو دەکەنەوە، ئینجا دەفەرموێ:

٣٣ ئەو کەسانەی کە دژایەتی‌و شەڕ لە گەل خواو پێغەمبەری خوادا دەکەن‌و دەیانەوێت لەم زەوییە دا خراپی‌و ناپاکی‌و کوفر بڵاو بکەنەوە تۆڵەو سزایان هەر ئەمانەیە کە بکوژرێن یان هەڵ بواسرێن یان دەستو لاقیان ببڕێت کە چەپو راست بقرتێنرێت یان دوور بخرێنەوە لە ئاوزەی داو لە شوێنی خۆیاندا نەیان هێڵنەوە ، ئەمە سەر شوڕیەکە بۆ ئەوان لە ژیانی دنیاداو لە رۆژی قیامەتیش دا سزایەی زۆر گەورەیان بۆ هەیە، واتە: شەڕ دەکەن دژی خەڵك ئەگینا کەس ناتوانێت شەڕ لە گەل خواداو لە پاش وەفاتی پێغەمبەریش ﷺ تازە شەڕ لە گەل ئەویشدا بکات ئەی بۆ راستەوخۆ نەوتراوە هەر کەس دژی خەڵك بێت بە ناڕەوا ئەوە تۆڵەکەیەتی؟

یەکەم: تا شتەکە زۆر بە تاوانێکی گەورە بزانرێتو دور بکەونەوە لێی.

دووەم: تا دەرکەوێت کە ئایین هاتوە بۆ پاراستنی شەرەفو کەرامەتو گیان‌و ماڵی خەڵك ئەوەتە هەر شتێك بۆ گشتی بێت خوا بە هی خۆی دادەنێت.

سێهەم: تا هەڵی بنێت کە بڵێ شەڕ لەگەل خوای گشتتاندایە. جا هەمووتان شەڕ بکەن هەر وەکوو چۆن ئەگەر ئیشێکی باش کراو سودی هەبوو بۆ خەڵك بە ﴿فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ واتە لەرێگای خوادا دادەنرێت، بەڵێ زانایان ناکۆکیان بوە لەسەر ئەوە ئایا کەسێك خراپەی بڵاو کردەوە لەم چوار حوکمە کامەیان ئەنجام بدرێت ئایا بەدەست حاکمە کە کامیان ئەنجام بدات یان تەماشای ئیشی ئەو خراپەکارانە دەکرێت؟ هەندێك دەڵێن: حاکم بەکەیفی خۆیەتی کامیان لەو حوکمانە ئەنجام بدات دروستە.

عەبدوڵای کوڕی عەباس دەڵێ: ئەوەی لە قورئاندا هاتوە بەوشەی (او) ئەنجامدەری ئەوحوکمە سەر پشکە لە ئەنجامدانی هەر کام بەسودی دەزانێ، وە هەندێکی ترلە زانا پێشوەکان (السلف) وتویانە: لەم ئایەتەدا دەبێ بە پشت سەری یەك بێت،واتە: ئەو کەسەی کە خەڵکی کوشتو ماڵی برد دەبێ بکوژرێتو هەڵواسرێت وە ئەوەی کە تەنها ماڵی دەبرد دەبێت دستو رانی ببڕێتو ئەوەی تەنها خەڵکی دەترساند نە ماڵی دەبردو نە کەسی دەکوشت دەبێ دوور بخرێتەوە، هەندێ تر لەزانایان بەندیخانە بە دوور کەوتنەوە دادەنێت، لەبارەی هەڵواسینەوە زۆربەی زانایانی فیقهی دەڵێن: دەبێ بە زیندویی رۆژێ یان سێ رۆژ لە سەر رێگای گشتی هەڵواسرێت بۆ ئەوەی ببێت بەپەندێك بۆباقی خراپەکاران بەڵکو بگەڕێنەوە لە تاوانکردن تا دوچاری ئەو جۆرە سزایە نەبن ، لە پاشا دەکوژرێت کە ئەمە مەزهەبی مالیکی‌و حەنەفیەکانە، وە هەندێکی تر دەڵێن: نابێ بە زیندویی هەڵبواسرێت تا بەم شێوەیە رێگای نوێژ کردن‌و خواردن‌و خواردنەوەی لێ وەرنەگیرێت بەڵکو دەبێ بکوژرێت، ئینجا هەڵواسرێت ئەمەش مەزهەبی شافیعیە رەزای خوا لە هەمویان (روائع البيان محمد علي صابوني) تەماشا بکە.

هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە دەڵێن: کۆمەڵێ خەڵکی تیرەی (عورەینە) هاتنە مەدینەو موسڵمانان بوون، بەڵام ئاوو هەوای مەدینە لە گەلیان نەگونجاو تووشی نەخۆشی بوون،پێغەمبەری خواﷺ ناردنی بۆ لای حوشترەکانی زەکاتو فەرموی: شیرو میزەکانیان بخۆن ئەوانیش ئەم ئیشەیان کردو چاك بونەوەو پاشگەز بونەوە لە ئیسلامو شوانی حوشترەکانیان کوشتو حوشترەکانیان برد پێغەمبەریش ﷺ کە هەواڵی زانی کۆمەڵێ لە یارەکانی نارد بە دوایانداو گرتنیانو هێنایاننەوە بۆ مەدینەو پێغەمبەرﷺ فەرموی: دەستو قاچیان ببڕنو چاویان دەربهێننو فڕەیان دەنە ناو بەردەڵانەکانی مەدینە تا مردنو بە دوای ئەوە دا ئەم ئایەتە دابەزی ﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ....الاية ﴾

بەڵێ تاوانبارو پاشگەز بوەوە دەبێ ئاوا تۆڵەیان لێ وەربگیرێت لە دنیاداو لە ڕۆژی دوایشدا سزایەکی زۆر بە ئێشو ئازار یان بۆ هەیە ، ئەم قورئانە چاو بەس لە کەس ناکاتو نایەوێ بە فێڵ خەڵك بخاتە ناوچاڵەوە بەڵکو پێشەکی ئاوا ڕێگای ڕاستو ناڕاست ڕۆشن دەکاتەوەو پاداشو سزای هەردووکیان دیاری دەکاتو هەڵیان دەنێت بۆ چاکە کردنودەیان ترسێنێ لە پاشە ڕۆژو ئاکامی خراپی، وتراوە: (السعيد من اتعظ بغيره/ سەرکەوتو ئەو کەسەیە لە پاشە ڕۆژو ئاکامی ئیشی بێجگە لە خۆی پەندو ئامۆژگاری بگرێت/بەیهەقی) جا ئایا ئەو کەسانەی کە دەستیان دایە خراپە کاری پەشیمان بونەوەیان لێ وەردەگیرێت یان نە؟ خوا دەفەرموێ: دژایەتی کەری خواو پێغەمبەر بیان کوژنو هەڵیانواسنو دەستو قاچیان ببڕن :

(٣٤) مەگەر تەوبە بکەن پێش ئەوەی کە ئێوە زاڵبن بە سەریانداو بکەونە دەستتان، ئەوە ئیتر لەو تاوانانەی پێشوو چاو پۆشیان لێ دەکرێت لە دنیاداو پاشە ڕۆژیش خوای میهرەبان دەیان بەخشێت وەك لە کۆتایی ئەم ئایەتە دا دەفەرموێ: دەی چاك بزانن بێگومان کەخوا خوایەکی لێبوردەو میهرەبانەو لە تاوانەکانیان خۆش دەبێتو بە میهرەبانی خۆیشی دەیان خاتە بەهەشتەوە، دەی بە ڕاستی زۆر زۆر شایانە کە ئێمەی ئەوەی ئادەم ڕووبکەینە ئەو خوایەو سوپاسی بکەینو لە تۆڵەو سزای ئەو زاتە خاوەن دەسەڵاتە خۆمان بپارێزینو ڕێگای خۆشبەختی بگرینە بەر کە ڕێگای ئیسلامە وەك لێرەشدا بانگمان دەکاتو دەفەرموێ:

(٣٥) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسنو بە ڕەو گەیشەتن بە ڕەزاو ڕەحمەتی خوا هۆ پەیدا بکەن ، چونکە باوەڕی ڕووتی بێ کردار هیچ سودێکی نیەو پێویستە بە کرداری چاك ئەو باوەڕە بە هێز بکرێت تامرۆڤ بە میهرەبانی خوای خۆی بگات نەك دانیشیو هەر بڵێ خوا بەرەحمە ، ئەو کردارە چاکانەن هۆن بۆ خۆنزیك کردنەوە لەخوا، ئەمە بەو مانایە نیە کە دەبێت کابرا شێخێك بکات بە هۆکارێك بۆ لای خوا، ئەگەر وابێ دەبێ بڵێین: بەندایەتی تایبەتی هەندێکەو بەس، چونکە باقی خەڵکی تر با بچنو ئەوان بکەن بە هۆ بۆ خۆیانو دوکانداریەکەی گاورەکانیش هەروایەو شتێکی کەمتر لەمە نیە، وە کۆشش بکەن لە ڕێگای خوادا بەڵکو ڕزگار ببن. بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین کە ڕێنماییو ڕێبەرایەتی کردنی خەڵك بەرەو خوا پەرەستی ئیشێکی زۆر گەورەو بە نرخەو کابرا بە هەر ناوێکەوە بیکات جێگای ڕێزە چ بە ناوی مەلاوە یان بە ناوی شێخەوە چونکە ناو گرنگ نیە ناوەڕۆك گرنگە. (الوسيلة) ئەو شتەیە کە ئینسان بە هۆی ئەوەوە ئەگات بە مەبەست ،

هەروەها (ناوی) بەرزترین شوێنی بەهەشتەو جێگای پێغەمبەرمانەﷺو نزیکترین جێگایە لە عەرشی خواوە، لەم بارەوە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {مَنْ قَالَ حِينَ يَسْمَعُ النِّدَاءَ اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ حَلَّتْ لَهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ / البخاری / هەر کەسێك وەختێ گوێی لە بانگ بوو وتی: ئەی خوای ئەم بانگە تەواوەو ئەم نوێژە ئەنجام دراوە بە محمدﷺ وسیلەی ببەخشەو ڕیزی گەورەی بۆ دابنێو زیندوی بکەرەوە بۆ ئەو جێگا سوپاسکراوەی کە بەڵێنت پێ داوە ، جا ئەوکەسە با دڵنیا بێت کە شەفاعەت کردنی منی بۆ حەڵاڵ دەبێ لە ڕۆژی قیامەتدا} ئینجا دەفەرموێ: :

(٣٦) بێگومان ئەوانەی کە بێ باوەڕن ئەگەر ئەوەی لە سەر زەویدایە هەمووی مولکی ئەوان بێتو ئەوەندەی تریشی لە گەل دابێتو بیانەوێت بە فیدیەی بدەن لە باتی سزای قیامەتدا لێیان وەرناگیرێتو بۆ ئەوان سزایەکی دەردناك هەیە:

يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنْهَا
وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٣٧﴾ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓا۟
أَيْدِيَهُمَا جَزَآءًۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ
﴿٣٨﴾ فَمَن تَابَ مِنۢ بَعْدِ ظُلْمِهِۦ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ
عَلَيْهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٩﴾ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلْكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَيَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ ۗ
وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٤٠﴾ ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ
لَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْكُفْرِ مِنَ ٱلَّذِينَ
قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِأَفْوَٰهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ ۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ
هَادُوا۟ ۛ سَمَّٰعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوْمٍ
ءَاخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ ۖ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ مِنۢ بَعْدِ مَوَاضِعِهِۦ ۖ
يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَٱحْذَرُوا۟ ۚ
وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتْنَتَهُۥ فَلَن تَمْلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۚ
أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمْ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ ۚ لَهُمْ فِى
ٱلدُّنْيَا خِزْىٌ ۖ وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٤١﴾

(٣٧) دەیانەوێت دەرچن لە ئاگر لەحاڵێکدا کەئەوان دەرناچونیان نییە لە ناویداو بۆ ئەوان سزایەکی هەمیشەیی هەیەو هەرگیز نابڕێتەوە. ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە بێ باوەڕان هەرگیز رزگار نابن لە جەهەنەم. ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: {يُؤْتَى بِالرَّجُلِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ فَيُقَالُ يَا ابْنَ آدَمَ كَيْفَ وَجَدْتَ مَضْجَعَكَ؟ فَيَقُولُ: شَرَّ مَضْجَعٍ ، فَيُقَال لَهُ: هَلْ تَفْتَدِي بِقُرَابِ الْأَرْضِ ذَهَبًا؟ فَيَقُولُ نَعَمْ يَا رَبِّ ، فَيُقَال لَهُ كَذَبْت قَدْ سَأَلْتُك أَقَلَّ مِنْ ذَلِكَ فَلَمْ تَفْعَلْ فَيُؤْمَرُ بِهِ إِلَى النَّارِ /متفق عليه/: پیاوی وا دەهێنرێت لە جەهەنەمیەکان و خوا پێی دەفەرموێ: ئەی کوڕی ئادەم جێگاکەت چۆنە؟ ئەویش دەڵێت: خراپترین جێگایە! دەفەرموێ: ئەی ئایا پڕی زەوی ئاڵتونت ببێ دەیدەیت بۆ ئەوەی لەو جێگایە رزگارت ببێ؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی کابرا یەژێ: بەڵێ ئەی پەروەردگارم !خوا دەفەرموێ: درۆ دەکەیت چونکە من کەمتر لەوەم داوا کردوە لە تۆ لە دنیاداو تۆ نەت کردوە، ئینجا فرمانی پێ دەکرێت کە ببرێتەوە بۆ ناو ئاگر} ئینجا خوای گەورە یاسایەکی ترمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٣٨) ئەو کەسەی کە دزی دەکات پیاو بێت یان ژن دەستیان ببڕن ئەمە سزایەکە بە هۆی ئەو کردەوە ناپەسندەی کە کردویانە، کە ئەمە تۆڵە سەندنەوەیەکە لە لایەن خواوە بۆ ئەوانو خوای گەورە خاوەن دەسەڵاتەو ئیشەکانیشی بە حیکمەتە. دیارە پێغەمبەری خواﷺ شێوەی ئەو دەست بڕینەی دیاری کردوە کە ئەگەر کەسێك یەکەم جار بوو دەستی راستی دەبڕێت ئەگەر دووبارەی کردەوە لاقی چەپی دەبڕێت، جاری سێهەم دەستی چەپیو جاری چوارەم لاقی راستی لە جومگەدا دەبڕن بەو مەرجەی قیمەتی شتە دزراوەکە لە چوار یەکی دینار کەمتر نەبێتو بەشی خۆی لەو ماڵە دا نەبێتو ئەو ماڵەش لە جێگای دانانی جۆری خۆیدا بێت، واتە: ئەگەر کابرا پارەی لە حەوشەدا دانابو دزرا دەستی ئەو دزە نابڕێت،چونکە کابرای خاوەن ماڵ کۆتایی کردوە لە هەڵگرتنی ماڵەکەیدا، لێرەدا پیاوی پێش ئافرەت ناو هێناوەو لە سورەتی نوردا لە بارەی زیناوە ئافرەتی پێشی پیاو ناوی هێناوە ، چونکە لە ئیشی زینادا ئافرەت زیاتر دەبێت بە هۆی زینا ئەگەر ئافرەت خۆی نەدات بەدەستەوە پیاو هیچی پێ ناکرێت، وە ئەگەر خۆی بەرەڵا نەکات پیاو توانای تەماشا کردنیشی نیە، بەڵام لە دزی کردندا هێزو لێهاتویی دەوێتو ئافرت کەم دەتوانێت دزی بکات بۆیەلەم بارەوە پیاو زیاتر دەتوانێ دزی بکات لە بەر ئەوە پیاوی پێش خستوە والله اعلم،

ئەسمەعی دەڵێ ئەم ئایەتەی دزیم خوێندەوەو لە تەنشتمدا پیاوێکی عەرەب دانیشتبو وتم: ﴿والله غفور رحيم﴾ کابرای عەرەب وتی: ئەوە قسەی کێیە؟ وتم: هی خوایە وتی: دوبارەی بکەرەوە منیش هەر وتم: ﴿ والله غفور رحيم﴾ کابرا وتی: ئەوە قسەی خوا نیە منیش بیرم کردەوەو وتم: ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ وتی: پێکات، ئەوە قسەی خوایە، وتم :تۆ قورئان دەزانی؟ وتی: نەخێر، وتم: ئەی چۆنت زانی کە من بە هەڵە داچووم؟ وتی: ئەی کابرا (عَزَّ فَحَكَمَ فَقَطَعَ وَلَو غَفَرَ وَرَحِمَ لَمَا قُطِعَ/ خاوەن دەسەلاتەو بریاری داوەو جا بڕا ، خۆ ئەگەر لێ بوردە بوایە وبەزەیی پێدا بهاتایەوە نەدەبڕا) هەرچەندە ئەمە بەڵگەی زیرەکی کابرای عەرەب بووە بەڵام لە راستیدا بەڵگەی تەواو بە یەکەوە لکانیو رێكو پێکی ئەوەڵو ئاخری ئایەتەکانی قورئانە، جا با بزانین ئەو کەسانەی کە دزی دەکەن ئایا بۆیان هەیە تەوبە بکەن یان نە؟ خوا دەفەرموێ:

(٣٩) جا هەر کەسێك تەوبە بکات دوای ئەو ستەمەی کە کردویەتی لە خۆیو لە خەڵكو ئیشی باشی کرد ، ئەوسا بێگومان کە خوا تەوبەی لێ وەردەگرێت، بێگومان کە خوا زۆر زۆر لێبوردەو بە سۆزە. ئەمەش بەڵگەیە لە سەر سۆزو رەحمی خوا بەرامبەر بەبەندەکانی هەندێك نەزان وەك نەزانو نەفامەکانی ئەمڕۆ رەخنەیان لەم یاسایە گرتوەو وتویانە خوێنی ئینسان بریتیە لە سەد حوشترو ئەگەر کابرا دەستێك ببڕێت ئەبێ پەنجا حوشتر جەریمە بکرێت ئەی بۆ دەبێت لە سەر روبعە دینارێك ئەو دەستە ببڕێت؟ بە راستی ئەوانە تەنیا رواڵەت بینن‌و راستی‌وسودی بڕیارەکە نازانن ، قازی عەبدولوەهاب مالیکی لە وەڵامی ئەو نەزانانەدا دەڵێت: (لَمَّا كَانَتْ أمِينَةً كَانَتْ ثمِينَةً فَلَمَّا خَانَتْ هَانَتْ/ واتە: ئەو دەستە کاتێ کە ئەمین بوو بە قیمەت بوو جاچونکەخیانەت کار دەرچوو بێ قیمەت بوو) بە راستی ئیشێکی زۆر تەواو زۆر پەسندە کە ئەو نرخە گەورەیە دابنرێت لە سەر کەسێك کەدەست درێژی بکاتە سەر ئەو دەستە پاكو بێ تاوانەو لە ناوی ببات، وەئەو دەستە سوکەیش کە ماڵو ژیانی خەڵکی تێك دەداتو ناسودەیی‌و هێمنی لە ناو دڵەکان‌وماڵەکاندا دەفڕێنی جێگای خۆیەتی کەئاوا بێ نرخ بێو لە سەر شتێکی کەم لە ناو ببرێت.

بزانە:

یەکەم ـ ئەو سیفەتانەی خوا کە لە پاش ئایەتەکانەوە هاتوە وەکو ﴿غفور رحيم ، سميع عليم ، عزيز حكيم ، على كل شيء قدير ، خبير بما تعملون﴾ هەمویان وەکو مۆرێك وایەو مانای ئایەتەکە دووپات دەکاتەوەو هەر زانایەکی بە هۆش قورئانی لا بخوێنرێتەوە پێش کۆتای هاتنی ئایەتەکە خەیاڵی دەچێت بۆ کۆتاییەکەی وەك لە پێشەوە داستانی ئەسمەعیت بیست هەرچەند کابرای عەرەب خوێندەوار نەبوو، بەڵام زەینێکی چاکی هەبوو، ئەوە ئایەتی دەست بڕین بوو ﴿عزيز حكيم﴾ی فەرموو لە پاشدا ئایەتی تەوبە بوو ﴿غفور رحيم﴾ی فەرموو،جا ئیتر باش گوێ بگرە بۆ کۆتای هەموو ئایەتەکان تا ئەو راستیەت جوان بۆ رون ببێتەوە.

دووەم ـ دروست نیە کاتێ کە تاوانبار چووە لای حاکم‌و تاوانەکەی حەدی دیاری بوو تکای بۆ بکرێت ـ راستەو بۆ ئاشتەوای کەریش پاداش هەیە وەك لە سورەتی (النساء \٨٥) دا فەرموی ـ چونکە لە فەرمودەی (صحيح) دا هاتوە کە ئافرەتێکی مەخزومی دزی کرد بوو بەڵام تیرەکەی زۆر بەلایانەوە عەیب بوو کە دەستی ئەو ئافرەتەیان لە سەر دزی

سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِۚ فَإِن جَآءُوكَ
فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن
يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗاۖ وَإِنۡ حَكَمۡتَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِۚ
إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ (٤٢) وَكَيۡفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ
ٱلتَّوۡرَىٰةُ فِيهَا حُكۡمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوۡنَ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۚ
وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ (٤٣) إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا
هُدٗى وَنُورٞۚ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ
هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ بِمَا ٱسۡتُحۡفِظُواْ مِن كِتَٰبِ
ٱللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيۡهِ شُهَدَآءَۚ فَلَا تَخۡشَوُاْ ٱلنَّاسَ
وَٱخۡشَوۡنِ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗاۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم
بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ (٤٤) وَكَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ
فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ وَٱلۡأَنفَ
بِٱلۡأَنفِ وَٱلۡأُذُنَ بِٱلۡأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلۡجُرُوحَ
قِصَاصٞۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٞ لَّهُۥۚ وَمَن
لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ (٤٥)

ببڕێت لە بەر ئەوە زۆر هەوڵیان دا کە کەسێك بدۆزنەوە تکای بۆ بکاتو پێغەمبەرﷺ دەستی نەبڕێتو بێجگە لە ئوسامەی کوری زەید کە زۆر خۆشەویستی پێغەمبەر بو کەسیان دەست نەکەوت، ئافرەتیان هێناو داوایان لە ئوسامە کرد کە تکای بۆ بکات ئوسامەیش تکای بۆ کرد پێغەمبەرﷺ سور هەڵگەڕاو نارەحەت بوو فەرموی: {أَتَشْفَعُ فِي حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ؟!/ ئایا لە بارەی حەدێك لە حەدەکانی خوا وە تکا دەکەیت؟!}

ئوسامە کوتو پڕ وتی: داوای لێخۆشبونت لێ دەکەم ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئەم روداوە بە درێژی لە بوخاریو موسلم دا هاتوە ئینجا خوای گەورە باسی خۆی دەکاتو دەفەرموێ::

(٤٠) ئایا تۆ نازانیت ئەی ئەو کەسەی کە قورئان قسەت لە گەڵدا دەکات بێگومان هەر موڵکی خوایە ئەوەی لە ئاسمانان‌و زەویدایە کەسزا ئەدات ئەو کەسەی کە نارەزۆی لێ بێت‌وکەس ناتوانێت رێگای لێ بگرێتو خۆش دەبێت لەو کەسەی کە نارەزۆی لێ بێتو خوای گەورە دەسەڵاتی بە سەر هەموو شتێکدا هەیەو دەتوانێ تۆڵەی لێ وەرگرێت یان پاداشتی بداتەوە، واتە: هەمووی موڵکی خوایەو خاوەن موڵك هەر جۆرە ئاڵوگۆڕیەك لە موڵکی خۆیدا بکات مافی خۆیتی‌و کەس بۆی نیە دەست بخاتە کاروباریەوەو مرۆڤیش بەشێکی زۆر بچوکە

لەوموڵکەی خوا بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە خوا ستەم لە کەس ناکات، ئینجا خوا رودەکاتە پێغەمبەرﷺو دەفەرموێ:

(٤١) ئەی پێغەمبەرﷺ با تۆ خەمبار نەکات ئەو کەسانەی کە بەپەلەن لە تاوانو کفردا لەو کەسانەی کە بە دەم دەڵێن: باوەڕمان هێناوە بەڵام دڵیان باوەڕی نەهێناوە ، وەلەو جوولەکانەی کەگوێ دەگرن بۆ درۆو گوێ دەگرن لە گەلێکی تر کە نەهاتونەتە لای تۆ کەوشەکانیش دەگۆڕنو لە شوێنەکانی خۆیاندا لایان دەبەن،ئینجا دەڵێن بڕۆن ئەگەر وەك قسەی ئێمەتان لە گەلدا کرا ئەوە وەریگرن، وە ئەگەر ئەوەتان پێ نەوترا ئەوسا وریا بنو دوور کەونەوە لێی ئا بەم شێوەیە خەڵکیان دەخەڵەتاندو لەپێغەمبەریان دوور دەخستنەوە ، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ: هەر کەسێك کە خوا بیەوێت سزای بداتو تۆڵەی لێ وەرگرێتو بیخاتە ناو کارەساتو نارەحەتیەوە ئەی محمدﷺ تۆ خاوەنی هیچ شتێك نیت بۆیو تۆ ناتوانیت هیچی بۆ بکەیت، ئا ئەوانە کەسانێکن کە خوای گەورە نایەوێت کە دڵەکانیان پاك بکاتەوە ، کە بۆ ئەوانە هەیە سەرشۆڕی لە دنیاداو لە قیامەتیش دا سزایەکی گەورەیان بۆ هەیە، ئێستا کە جوو نزیکەی سێ ملیون کەسن ئەوە ماوەی زیاتر لە چل ساڵە لەشەڕدان ، جا ئەگەر دەستیان بە دەستی ئەمریکاوە نەبوایە دەمێك بوو ناویان لە کوڕەی زەویدا سڕابویەوە جا ئەگەر چی خۆیان بە حکومەتو خاوەن هێز دەزانن، بەڵام لە راستیدا هەر سەر شۆڕن. ئینجا خوا دەفەرموێ:

(٤٢) گوێ گربوون بۆدرۆو حەرام خۆربوون وەك سوو خۆریو بەرتیل وەرگرتنو دزی کردن، دەی ئەگەر ئەوان هاتن بۆ لای تۆ بۆ شیکردنەوەو لابردنی گیرو گرفتیان ئەوە تۆ لە نێوانیاندا دادپەروەرانە بڕیار بدە وەکو چۆن حوکم دەکەیت بۆ خاوەن باوەڕان یان پشتیان تێ بکەو گوێیان مەدەرێو بڵێ: بڕۆن خۆتان گیرو گرفتی خۆتان چارەسەر بکەن، جا ئەگەر پشتت تێ کردن مەترسە لەوان ئەوان ناتوانن هیچ زیانێکت لێ بدەن، وە ئەگەر حوکمیشت کرد بە دادپەروەرانە حوکم بکە لە نێوانیاندا با کافریش بنو دژایەتی دینەکەی تۆ بکەن مادام هاتن بۆ لای تۆ بۆ حوکم تۆ دەبێ بە دادپەروەرانە حوکم بکەیت بە بێگومان کە الله دادپەروەرانی خۆش دەوێتو حاکمی دادپەروەر لە رۆژی قیامەتدا لە ژێر سێبەری عەرشی خوادایە.

پێغەمبەرمان درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێ: **إنّ المُقْسِطِينَ عِنْدَ اللهِ على مَنابِرَ مِنْ نورٍ، الّذينَ يَعْدِلونَ في حُكْمِهِم وأَهْليهِم وما وُلوا/** رواه مسلم / داد پەروەران لەلای خوا لەسەر مینبەرەکانی نورن، ئەوانەی کە دادگەر بوون لە حوکمەکانیانو لەناو خێزانیانو لەگەڵ ئەوانەی کە کراون بە سەرپەرشتیان.

(٤٣) چۆن ئەوان تۆدەکەن بەبڕیاردەر بۆ خۆیان لەحاڵێکدا کەئەوان تەوراتیان لایە کە بڕیاری الله ی تێدایە،واتە: ئەگەر ئەوان راست دەکەن بۆ تەماشای تەورات ناکەنو بۆ راستیەکانی ئەشارنەوە لە پاشان دوای ئەوەی کە تۆ بڕیارت بۆ دان پشت دەکەنە ئایینو پشت دەکەنە بڕیارەکەت؟! خۆ ئەوانە باوەڕدار نین.

{دەڵێن: جولەکەکان پیاوو ژنێکیان هێنایە لای پێغەمبەرﷺ کە زینایان کرد بوو، پێغەمبەرﷺ فەرموی خوێندەوارترینتانم بۆ بهێنن ، ئەوانیش دوو کوڕەکەی "سوریا" یان هێناو سوێندی دان چۆنە ئیشی زینا لە تەورات دا؟ ئەوانیش وتیان: لە تەورات دا ئەگەر چوار کەس شایەتیان دا کە چاویان پێ کەوتوە کە ئالەتی پیاوەکە لە ناو لەشی ئافرەتەکەدایە وەکو میلی ناو کلدان ئەبێ سەنگسار بکرێن. فەرموی: دەی بۆ سەنگساریان ناکەن؟ وتیان: دەسەڵاتمان نەماوەو کوشتنمان پێ خۆش نیە، پێغەمبەری خوا بانگی شایەتەکانی کردو هاتنو شایەتیان دا کە بە چاوی خۆیان ئالەتی ئەو پیاوەیان لە ناو لەشی ئەو ئافرەتەدا دیوە وەکو میل لە ناو کلدان دا ، پێغەمبەرﷺ فەرمانی داو سەنگسار کران} (مسلم‌وابو داود وابن ماجه)

ئاوەها دەرکەوت کە ئەو جولەکانە باوەڕیان بە تەوراتەکەی خۆیشیان نەبوو تەنها دەیان ویست خۆیان رزگار بکەن لە فرمانی خوا ، بۆیە هاتنە لای پێغەمبەر ﷺ جا خوا بەوانە دەفەرموێ: باوەڕدار نین، ئەی ئێمە باوەڕدارین سەدان فرمانی قورئانمان خستوەتە پشت گوێ؟خۆ بە موسڵمان زان بیربکەرەوە. ئینجا خوا وەسفی تەورات دەکاتو دەفەرموێ:

(٤٤) بێگومان کەئێمە تەوراتمان رەوانە کرد کە لەودا رێنمایيو رۆشن کردنەوەی راستو ناڕاست هەبو کە بەو حوکمیان دەکرد ئەو پێغەمبەرانەی کە هەمیشە گەردن کەچی فرمانی خودا بوون بە سەر جوەکاندا ، هەروەها خوا پەرستو زاناکانیان بەو تەوراتە حوکمیان دەکردو بڕیاریان دەداو بەندایەتیان دەکرد،چونکە ئەوان کرا بوون بە چاودێرو نیگابانی ئەو

کتێبەی خوا کە تەوراتەو ئەوان شایەت بوون لە سەر راستیو درستی ئەو پەڕاوە ، ئەوسا لە خەڵکی مەترسنو هەرلە خۆم بترسنو هەرگیز نیشانەکانی ئێمە نەفرۆشن بەنرخێکی کەمو ئەو کەسەی کە حوکم نەکات بەوەی کە خوا رەوانەی کردوە ، سا بزانن کە هەر ئا ئەوانەن خوا نەناسن، (ربانی) بە بەندایەتی کەران دەوترێتو (احبار) کۆی (حبر) ە واتە:زانا. ئەمە بەو مانا نیە کە ئەگەر بە نرخێکی زۆر بێ گۆڕنەوە دروستە ، نەخێر بە هیچ نرخێك نابێ حەقو راستی بشارێتەوە چونکەئەگەر هەموو دنیاش بدرێت بە کەسێك لە سەر ئەو شاردنەوەیە هەر ڕەنجەڕۆو شەرمەندەیە، چونکە هەموو دنیا لای خوا بە ئەندازەی پەڕی مێشولەیەك نرخی نیە، وەکو پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {لَوْ كَانَتْ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ/رواه الترمذی وصححه الألباني/ هەموو دنیا ئەگەر بە ئەندازەی پەڕی مێشولەیەك نرخی هەبوایە لەلای خوای گەرە نەی دەهێشت کافر یەك قوم ئاوی تێدا بخواتەوە} کەوا بوو ئەگەر عالمێکی دینی حەقێکی شاردەوەو نەی وت لە بەر خاتری ئەوەی کە هەموو دنیای پێ بدەن کە هەرگیز شتی واش نابێ کە دنیا بدرێت بە یەك کەس ئەوە ئەو زاناو عالمە زیانی کردوەو بەهرەیەکی زۆر کەمی وەرگرتوە لە سەر دین فرۆشیەکەی بەداخەوە لەم زەمانەدا شتێکی وایشیان پێنادرێت، بەڵام هەر زۆر بە هەرزانی دینەکەی خۆمان دەفرۆشین؟! هەروەها خوای داناو ئاگا درێژە بە وەسفی تەورات دەداتو دەفەرموێ:

(٤٥) لە تەورات دا پێویستمان کرد لە سەر ئەوان کە بێگومان تۆڵەی گیان بە گیانە ، واتە: ئەگەر کەسێك بکوژرێت بە ناڕەوا دەبێ بکوژ بکوژرێتەوە مەگەر خاوەنەکەی چاوپۆشی لێ بکات پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {الْمُسْلِمُونَ تَتَكَافَأُ دِمَاؤُهُمْ/ احمد، النسائي، صححه الألباني/ واتە موسڵمانان وەکو یەکە خوێنەکانیان} واتە: جیاوازیان نیە، وە ئەم ئایەتە بەم فەرمودەی پێغەمبەرمانﷺ کە دەفەرموێ: {وَلَا يُقْتَلُ مُسْلِمٌ بِكَافِرٍ/البخاری/ موسڵمان ناکوژرێت بە کافر}. تایبەت دەبێت بە باوەڕدارانەوە. ئینجا دەفەرموێ: چاو لە جیاتی چاودا دەر دێتو لوت لە جیاتی لوت داو و گوێ لە جیاتی گوێ دا دەبڕێت ، واتە ئەگەر کەسێك چاوی کەسێکی دەرهێنا یان لوتی بڕی یان گوێی بڕی یان کەڕی کرد هەر بەو شێوەی لە گەڵدا دەکرێتەوە، وە بۆ برینەکان تۆڵە هەیە، واتە: هەر برینێك دەبێ بە گوێرەی خۆی لە برین کەر برین بکرێت ئەگەر دەگونجا ، وە ئەگەر نە

وَقَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ
ٱلتَّوْرَىٰةِ ۖ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ
يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٤٦﴾ وَلْيَحْكُمْ
أَهْلُ ٱلْإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ
ٱللَّهُ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ
بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمُهَيْمِنًا
عَلَيْهِ ۖ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ
عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلْحَقِّ ۚ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ
وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ
ءَاتَىٰكُمْ ۖ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٤٨﴾ وَأَنِ ٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ
أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ وَٱحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَنۢ
بَعْضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم
بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ ﴿٤٩﴾ أَفَحُكْمَ
ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٥٠﴾

دەگونجا دەبێ خوێنی بدات ئەمانە دەبێ بەو شێوەیە ئەنجام بدرێن مەگەر خاوەن ماف کابرا ببەخشێت وەك **دەفەرموێ:** جا ئەگەر خاوەن ماف مافی خۆی بەخشی ئەوە ئیتر کابرای ئیشکەر رزگاری دەبێتو بەخشەندەش پاداشی بەخشینی خۆی بەچەند قاتەوە دەست دەکەوێتەوە ، پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {مَا مِنْ رَجُلٍ يُجْرَحُ فِي جَسَدِهِ جِرَاحَةً فَيَتَصَدَّقُ بِهَا إِلَّا كَفَّرَ اللَّهُ عَنْهُ مِثْلَ مَا تَصَدَّقَ بِهِ /رواه أحمد/ هیچ پیاوێك نیە کە برینێك بکرێ لە لەشیو چاو پۆشی لەو مافە بکاتو کابرا ببەخشێت مەگەر خوا داپۆشێت بۆی تاوانەکانی بە هۆی ئەو بەخشینەوە بە ئەندازەی نرخی ئەو چاکەیە} ئا ئەمانە بەشێکن لە یاساکانی خواو دەفەرموێ: ئەوەی کە حوکم نەکات بەوەی کە خوا رەوانەی کردوە ئائەوانە ستەمکارانن،هەروەها فاسقانن وەکو لە دوایدا دێت زالمو فاسقو کافر بە یەك مانا دێت کەکفرو خوانەناسییە ، بەڵام مەرج نیە هەرچی زاڵم بێت کافریش بێت وە هەرچی فاسقە کافر بێت، بەڵام هەموو کافرێك فاسقو زاڵمە، بۆ؟ چونکە کابرای کافر زوڵمی کردوە لە خۆیو لە خەڵك، چونکە گاڵتە بە ژیری باوەڕداران دەکاتو خۆیشی دوچاری سزای سەختی دوا رۆژو ئاگری جەهەنەم دەکاتو هەروەها فاسقیشە، چونکە کابرای کافر دەرچوە لە سنوری خوا بەڵام شەرت نیە کابرا هەر دەرچو لە سنوری خوا

کافر ببێت، چونکه هەر تاوانێك بکرێت دەرچون له سنورە، بەڵام ئینسان بە هەموو تاوانێك کافر نابێت. خوای گەورە پاش ئەوەی کە وەسفی تەوراتی کرد وا ئێستا وەسفی ئینجیل دەکات کە بۆ عیسا علیه السلام هاتوەو دەفەرموێ:

٤٦ بە دوای ئەو پێغەمبەرانەدا عیسای کوری مەریەممان هێنا کە دانی دەنا بەوەی کە لە پێش خۆیدا بوە کە تەوراتەو ئینجیلیشمان دا بەو کەلەودا رێنماییو چاو رۆشنی هەبو، وە دانی دەنا بە راستی ئەوەی کە لە پێش خۆی دا هاتبوکە تەوراتەو رێنماییو ئامۆژگاری بوو بۆ لە خوا ترسانی سەردەمی خۆی، دیارە ئەوانە کە لە پێش قورئان دا هاتوون چ تەوراتو چ ئینجیل و چ بێجگە لەوانیش هەڵوەشاونەتەوەو کاریان پێ ناکرێ چونکە هەر بۆ سەردەمێکی تایبەت بوونو تێکیش دراونو کەس نازانێت کامیان راستەوکامیان ناراستە، ئینجا خوای داناو ئاگاو میهربان دەفەرموێ:

٤٧ با ئەهلی ئینجیل حوکم بکات بەوەی کە خوا لە ئینجیل دا رەوانەی کردوەو ئەو کەسەی کە حوکم نەکات بەوەی کە خوا رەوانـەی کـردوە ئەوانـە فاسقن. بـەرائی کـوڕی عازیـب ﷺ دەڵێـت: پێغەمبـەر ﷺ یەهودیـەکی بینـا کـە داخ کرابـوو تازیانەیشی لێدرا بوو ، جا پێغەمبەرﷺ بانگی جولەکەکانی کـردو فـەرموی: {هَكَذَا تَجِدُونَ حَدَّ الزَّانِي فِي كِتَابِكُمْ / ئەئاوایـە تۆڵـەی زیناکـار لـە کتێبەکـەی خۆتانـدا؟ وتیـان: بـەڵێ، جا پێغەمبـەرﷺ یـەکێك لـەزانایانی خۆیـانی بـانگ کـردو فـەرموی: أَنْشُدُكَ بِاللَّهِ الَّذِي أَنْزَلَ التَّوْرَاةَ عَلَى مُوسَى أَهَكَذَا تَجِدُونَ حَدَّ الزَّانِي فِي كِتَابِكُمْ / سـوێندت دەدەم بـەو خودایەی کە تـەوراتی نـاردوە بـۆ موسا ﷺ ئایا ئاوەهایـە حەدی زینا لە کتێبەکەتاندا؟

جا وتی: نەخێر، ئەگەر بەمە سوێندت نەدامایە ئەمەم پێ نـەدەوتی، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کـە لـەناوی پیـاوە ماقوڵەکانمانـدا ئەمـە زۆر بـوو، جـا هـەر کاتێـك پیـاو ماقوڵانمـان بیکردایـە وازمـان لـێ دەهێنـانو ئەگـەر لاوازەکانمان بیکردایە حەدمان بەسەریاندا جێبەجێ دەکرد ، جا بۆیە وتمان با لە سەر حوکمێك کۆببینەوە کە لە سەر مـاقوڵو لاواز بـە بـێ جیـاوازی جێبـەجێی بکـەین جـا لـەجێگای رەجـم دا، داخکـردنو تازیانـەمان دانـا ئینجـا پێغەمبەر فـەرموی: { اللَّهُمَّ إِنِّي أَوَّلُ مَنْ أَحْيَا أَمْرَكَ إِذْ أَمَاتُوهُ فَأَمَرَ بِهِ فَرُجِمَ/ مسلم وغيره/ ئەی خودایە مـن یەکـەم کەسێکم کە ئەو بڕیارەی تۆ کە مراندویانـە، زینـدوی دەکەمـەوە،جا فرمانی دا بەوبڕیارە ئەوسا کابرا رەجم کرا} ئینجا ﷻ ئەو ئایەتانەی رەوانە کرد کە بـاس لـەو کەسـانە دەکـات کـە بـە فەرمانی ﷻ حوکم ناکەن کە بە زاڵمو فاسقو کافر ناویان دەبـاتو دەفـەرموێ: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾ المائدة: ٤٤. بـەڵام مەبەسـت ئـەوە نیـە کـە ئەمـە هـەر بـۆ گـاورو جولەکەوایـە، لـە حوزەیفـە ﷺ پرسیاریان کـرد کـە ئـەم ئایەتانـە مەبەسـت پێـی ئـەهلی کتێبـە؟ فـەرموی: { نِعْمَ الإِخْوَةُ لَكُمْ بَنُو إِسْرائِيلَ، إِنْ كانَتْ لَكُمْ كُلُّ حُلْوَةٍ وَلَهُمْ كُلُّ مُرَّةٍ، وَلَتَسْلُكُنَّ طَرِيقَهُم قَدْرَ الشِراكِ./تفسير الطبري/ بەراستی بـەنی ئیسـرائیل برایـەکی چـاکن بـۆ ئێـوە هەرچـی شـیرینە بـۆ خۆتـانو هەرچـی تاڵـە بـۆ ئەوانـە لەحاڵێکـدا ئێـوە وەك قـەیتانی پـێڵاو رێگـای ئـەوان دەگرنەبەر} جا دەرکەوت مەبەست لـە کوفر لـەم ئایەتـەدا کوفری گەورەیـە واتـە ئـەو کوفرەیـە کـە مـرۆڤ لـە بازنـەی ئیمـان دەردەکـات هـەروا کـە ئیبنوعـەباس دەڵێـت: { هَؤُلَاءِ الآيَاتُ الثَّلَاثُ نَزَلَتْ فِي الْيَهُودِ خَاصَّةً فِي قُرَيْظَةَ وَالنَّضِيرِ / ابو داود، الألباني: حسن صحيح الإسناد/ واتە: ئەم سێ ئایەتە لـەبارەی یـەهودەوە هاتوەتـە خـوارەوە بەتایبـەت قورەیزەو نـەزیر. دیارە کە کوفری یەهود کوفری گەورەیە (كفر الأكبر).

جا ﷻ لـەم ئایەتـەدا بەراشکاوی فتـوای کـافر بوونی ئـەو فرمانڕەوایانـە دەدات کـە بـە یاسـاو شـەرعی ﷻ حـوکم نـاکنو یاسـایەکی تـر لـە سـەر خـەڵك پێویسـت دەکـەن. تـەتارەکان کاتێـك کـە وڵاتـی ئیسلامیان داگیرکـرد لـە سـەر خـەڵك ئـەو یاسـایەیان پێویسـت کـرد کـە شـاکەیان چەنگیزخان بۆی دانابون کە ئەو یاسایە لە چەندین ئـایین وەك ئیسلامو یـەهودیو مەسیحی وەرگیرا بـوو، جا ئبنـو کەسیر لە تەفسیرەکەیدا باسـی لێـدەکاتو دەڵێـت: (فَصَارَتْ في بَنِيهِ شَرعاً مُتَّبَعاً يُقَدِّمُونَهَا عَلَى الْحُكمِ بِكِتَابِ اللهِ وَسُنَّةِ رَسُولِ اللهِ ﷺ، فَمَن فَعَلَ ذَلِكَ مِنهُم فَهُوَ كافِرٌ يَجبُ قِتَالُهُ حَتَّى يَرجِعَ إِلَى حُكمِ اللهِ وَرَسُولِهِ ﷺ، فَلا يَحكُم سِواهُ في قَليلٍ ولا كثيرٍ/ جا ئەو یاسایە لـەناو نەوەکانیـدا بووبـە یاسـایەك کـە پـەیڕەوی لێـدەکراو بەسەر حوکمو بڕیاری ﷻ و پێغەمبەرەکەی ﷺ دا پێشیان

دەخست، جا هەر کەس وابکات ئەوە کافرەو پێویستە شەڕی لەگەڵدا بکرێت تا دەگەڕێتەوە بۆ حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی ، وە نابێت بێجگە لەو بە هیچی تر حوکم بکات نە لە کەمو نە لە زۆردا. بەڵام پێویستە ئەو بزانرێت کە ئەگەر هاتو حاکمێکی موسڵمان کە بە یاساو شەریعەتی ئیسلام حوکمی دەکردو یاسای ئیسلامی بە باشترین یاسا دەزانی ، ئەگەر لە مەسەلەیەکدا بە هۆی شتانێك وەك بەرتیل یان رشوە یان توڕەیی یان خزمایەتی، لەو روداوەدا بە پێی شەرعی ﷲ حوکمی نەکرد بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕی بەتاوانباری خۆی لەو مەسەلەدا هەبوو، وە ئەو حوکمەیشی وەك یاسایەك لە سەر خەڵك پێویست نەکردو حوکمی شەرعی لەو مەسەلەدا نەگۆڕی ئەوە تەنها تاونبارەو لە بازنەی ئیمان دەرنەچوە بەڵکو توشی کوفری بچوك یان "کفر دون کفر" بووە. وەك ئیبنو عەباس لە وەڵامی ئەوانەی کە ئەم ئایەتەیان دەکرد بە بەڵگەو حاکمانی سەردەمی خۆیان بە هۆی هەندێ بڕیاری ناشەرعی کە لەو حاکمانە دەردەچوو، بەکافردەزانی فەرموی: (كفرٌ دون كفرٍ.. لَيسَ بِالْكُفرِ الَّذي تَذهَبونَ إليهِ/ ئەوە کوفری بچوکە... ئەو کوفرە نییە کە ئێوە باسی لێدەکەن)

جا پێم بڵێن: ئەمڕۆ کام وڵاتە یان کام فرماندەیە کە بە فرمانی خوا حوکم دەکاتو باوەڕی پێی هەیەو هیچ بڕیارێکیش لەو بە چاکتر نازانێت ئەگەر هەیە ئێمەش لەگەڵتاین کە ئەگەر لایدا لە یاسایەك لەبەر یەکێك لەو هۆیانە کەوتمان ئەوسا دەڵێین: دوچاری کوفری دون کفر بووە؟!

(٤٨) خۆ رەوانەمان کردوەتە لای تۆ ئەی محمدﷺ ئەم قورئانە بە راستی نەك بە گاڵتەو گەمە ئەویش دان دەنێت بەراستیودروستی ئەوانەی کە لە پێش خۆیدا بوونو چاودێرو خاوەن هێزو نیگەهبانە لەسەر ئەوانەی کە لە پێش خۆیدا هاتوون کەوا بوو تۆ حوکم بکە لە نێوانیانا بەو شێوەی کە خوا رەوانەی کردوەو هاتوە بۆ تۆو دوای ئارەزۆکانی ئەوان نەکەویت بەلادان لەو حەقو راستییەی کەهاتوتە لات. ئینجا دەفەرموێ: بۆ هەموو ئۆمەتەکانی پێش تۆش یاساو رێبازێکمان داناوە کە لە سەری بڕۆن ، خۆ ئەگەر خوا مەیلی بوایە هەموتانی دەکرد بە یەك ئایین، بەڵام خوا بڕیاری نەداوە کە ئاوەها بێتو بە گوێرەی زەمان هەندێك حوکمی گۆڕیوە هەتا دواترین پێغەمبەرو دواترین پەیام کە قورئانە ئیتر حوکم بەوانە دەکرێت هەتا قیامەتو ناگۆڕێ، ئینجا خوا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە بۆچی هەموی یەك ئایین نەبوە دەفەرموێ: تاکو خوا تاقیان بکاتەوە و دەرکەوێت کە کێ حوکم دەکات بەوەی کە پێمان داونو کێ حوکمی پێ ناکات ، جا مادام تاقیکردنەوەیە دەی پەلە بکەن بۆ کردنی ئیشە چاکەکان کە هەر بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە جا ئیتر هەواڵتان پێ دەداتو تێتان دەگەیەنێت کە کێ راستەو کێ ناراستە لە ناکۆکیەکاندا،واتە: لە خوا بترسنو رێگای راست بگرن هەرچی بکەن دەبێ بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، خوایش راستو ناراست لە یەك جیا دەکاتەوە نە لە کەس دەترسێو نە لە کەس شەرم دەکاتو هەر کەس بە ئەندازەی گەردیلەیەك چاکە یان خراپەی هەبێت پێشان دەدرێت. دووبارە خوای گەورە ئامۆژگاری پێغەمبەرمان ﷺ دەکاتو هەڵی دەنێتو دەیترسێنێت لە فرتو فێڵی بێ باوەڕانو دەفەرموێ:

(٤٩) ئەی محمدﷺ تۆ حوکم بکە لە نێوان ئەوان دا بەوەی کە خوا رەوانەی کردوەو پەیڕەوی ئارەزۆی ئەوان نەکەویتو خۆ بگرە لە سەر قسەو بڕیاری خۆتو ئاگات لە خۆت بێتو وریا بە نەوەك لات بدەن لە هەندێك لەوەی کە خوا رەوانەی کردوە بۆت ، جا ئەگەر ئەوان پشتیان هەڵچەرخاندو گوێیان نەدایە تۆو بەرنامەکەت دەی تۆ بزانە کە خوای گەورە دەیەوێت دوچاریان بکات بە تۆڵەی هەندێك لە گوناهەکانیانەوە ، بێگومان کە زۆربەی خەڵك لە سنور دەرچوون.

ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لە سەرئەوەی کە زۆربەی خەڵك فاسقو بێ دینە. پێم خۆشە لێرەدا ئەوە بزانین کە زۆربەی خەڵك باوەڕ ناهێنێت و زۆربەیان دوای ئایین ناکەون ، وە لە رۆژی قیامەتدا وەکو پێغەمبەری خوا دەفەرموێت لە ناو هەزار نەفەردا یەك موسڵمانەو نۆسەدو نەوەدو نۆ کەس کافرن ، واتە: ئەگەر هەزار ملیار خەڵك هەبێت یەك ملیاری دەچێتە بەهەشتەوە نۆسەدو نەوەدو نۆ ملیاری دەچێتە جەهەنەمەوەو هەموو کەسێکیش جێگای هەیە لە هەردوو لادا ، جا ئەوەی کە بەهەشتیە یەك لە هەزارە،واتە: بێجگە لە جێگای خۆی جێگای (٩٩٩) کەسی جەهەنەمی دەدرێتێ بەڵام جەهەنەمیەکان جێگای یەك موسڵمان دابەش نەکرێت بە سەر (٩٩٩) کەس دا ئاشکرایە کە جێگای لێ تەنگ دەکرێتەوە هەرچەند جەهەنەم بەو

۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ
أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمۡ
يَقُولُونَ نَخۡشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٞۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَ بِٱلۡفَتۡحِ أَوۡ أَمۡرٖ
مِّنۡ عِندِهِۦ فَيُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ نَٰدِمِينَ ﴿٥٢﴾
وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ
إِنَّهُمۡ لَمَعَكُمۡۚ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَأَصۡبَحُواْ خَٰسِرِينَ ﴿٥٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ
وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي
سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ
وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٤﴾ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ
يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمۡ رَٰكِعُونَ ﴿٥٥﴾ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ
وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴿٥٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمۡ هُزُوٗا وَلَعِبٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ
ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَٱلۡكُفَّارَ أَوۡلِيَآءَۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿٥٧﴾

حاڵەش کە ددانێکی کافر بە ئەندازەی چیای ئوحودو قایمی پێستەکەی بەئەندازەی سێ ڕۆژ ڕێگایە بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَآ أُلۡقُواْ مِنۡهَا مَكَانٗا ضَيِّقٗا مُّقَرَّنِينَ ﴾ الفرقان: ١٣ / هەرکاتێ بەسەرو قاچ بە یەکەوە بەسراو خرانە ناوجێگایەکی زۆر تەنگە بەرەوە ﴾ الفرقان ١٣. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێ: وەختێك کە جەهەنەم لە جەهەنەمیەکان پڕ دەکرێت دەفەرموێ:﴿ ئایا پڕ بویت؟ دەڵێ خوایە زیادەی تر هەیە؟﴾ ق / ٣٠. واتە هێشتا پڕ نابێت، ئینجا خوای گەورە قاچی خۆی دادەنێت لەسەرئەو شوێنەو دەروخێتو جەهەنەم جێگای خاڵی نامێنێت. ئینجا دەڵێ: ئەی خوایە بەسە بەسە، جا نەڵێن: ئەگەر تەنگە چۆن فراوانەو ماوەتەوە؟ وە ئەگەر فرەوانە چۆن تەنگە؟ چونکە جێگای کافر تەنگەو زیندانی تایبەتیەتی ، ئەگینا جەهەنەم خۆی زۆر گەورەیە ، خۆ هەر لەدنیادا ناوی چەندین زیندانی گەورەت بیستوە کەبە سەدان جێگای تەنگی یەك نەفەری تێدایە؟ بەڵام موسڵمان وەك کافر نیەو موسڵمان ئەو کاتە شەست مەتر باڵای بەرزە لە حەوت مەتردا.

﴿٥٠﴾ ئایا ئێوە حوکمی نەفامەکانتان مەبەستەو ئەوتان دەوێت؟ وە ئایا کێ هەیە لە ﷲ جوانتر یاسا دابنێت بۆ گەلێك کە یەقینی هەبێت؟ بەڵێ خوای گەورە هەرچی حوکمو فرمانە بێجگە لە حوکمو بەرنامەکانی خۆی هەموی بە جاهیلی دادەنێت بە ڕاستی دەبێ واش بێت، چونکە هەرچی حوکمی مرۆڤە حوکمێکی نەزانانەیە ، چونکە دەوڵەمەند یاسا بە گوێرەی بەرژەوەندی دەوڵەمەند دادەنێتو هەژاریش یاسا بە گوێرەی بەرژەوەندی هەژار دادەنێت ، واتە: هەر تاقمو پێرێك بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی یاسا دادەنێت سەرەرای ئەوەش ئەوانەی کە یاسا دادەنێن نازانن ئایندە چی ڕودەداتو چی دەبێت کەچی خەریکی دانانی یاسان بۆی ئایا ئەمە نەزانی نیەو یاسایەکی نەزانانە نیە؟ (ابن ابی حاتم) دەڵێ (ابو عبیده الناجی) وتی: بیستم لە حەسەنەوە کە دەیوت: (مَنْ حَكَمَ بِغَيْرِ حُكْمِ اللهِ فَحُكْمُ الجَاهِلِيَّةِ/ هەر کەسێك حوکم بکات بە حوکمێکی غەیری حوکمی خودا ئەوە حوکمێکی نەفامانەیە) ئەی موسڵمانان ئایا ئەو زاتەی کە لە هەموو حاکمان حاکم ترەو لە هەموو کەس بە بەزەیی ترەو لە هەموو کەس زاناترەو لە هەمو شتێك بە تواناترەو لە هەموو کەسێکیش دادپەروەرترەو دروستکەرەو مرێنەری هەموو بەرەی ئادەمیزادە ئایا ڕەوایە یاسای ئەو واز لێ بهێنیتو پەیڕەوی یاسای بەشەرێکی وەکو خۆت بکەیت؟! پێغەمبەرمانﷺ لەم بارەوە دەفەرموێ: {أَبْغَضُ النَّاسِ إِلَى اللَّهِ ثَلَاثَةٌ مُلْحِدٌ فِي الْحَرَمِ وَمُبْتَغٍ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ وَمُطَّلِبُ دَمِ امْرِئٍ بِغَيْرِ حَقٍّ لِيُهَرِيقَ دَمَهُ /البخاري/ بوغزێنراوترین کەس لەلای ﷲ سێ کەسن.

یەکەم: کەسێك کە خراپەکاری بکات لە ناو حەرەمی مەکەدا.

دووەم: ئەو کەسەیە کە لە ناو ئیسلام دا هەوڵ بدات بۆ ئەنجام دانی ڕەوشتی سەردەمی نەفامی.

سێهەم: ئەو کەسەیە کە زۆر هەوڵ بدات بۆ ئەوەی خوێنی کەسێك بە ناڕەوا بڕێژێت} جا پاش ئەوەی کە باسی فرمانی خۆی کردو هەموو فرمانەکانی بێجگە لە خۆی بە فرمانی جاهیلیو نەفامی پێ ناساندین وا جارێکی تر ئەودوو دوژمنە گەورەی موسڵمانانمان بۆباس دەکاتەوەو دەفەرموێ:

﴿٥١﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە هەرگیز جولەکەو گاور نەکەن بە دۆستو یارمەتی دەری خۆتان ئەوانە خۆیان هەندێکیان دۆستو یارمەتی دەری هەندێکیانن‌و هەر کەسێك لە ئێوە کەئەوان بکات بە دۆستی خۆی دەی بە ڕاستی ئەویش لەوان دادەنرێت بەبێگومان کەﷲهەرگیز گەلی ستەمکاران ڕێنمایی ناکاتونایانگەیەنێت بەخۆشبەختی. ئینجا هەروەکو ئەمڕۆ کاتی خۆی لە ناو موسڵماناندا هەبوە دەیان وت: ئێمە

نابێ دەست لەو جولەکەو گاورانە هەلگرین چونکە ئەگەر تەنگانەیەکمان بە سەر دا هات ئەی کێ بە هەوارمانەوە دێت؟ و کێ یارمەتیمان دەدات؟ بۆیە ناچارین دەست لە دۆستایەتی ئەمانە نەکێشینەوە ، بەڵام ئەمە بۆچونێکی زۆر هەڵەیەو ئیشێکی تاوانەو حەرامەو خوای گەورە دەفەرموێ:

٥٢ تۆ دەبینی ئەی محمدﷺ ئەوانەی کە لە ناو دڵیان دا نەخۆشی هەیە نەخۆشی نیفاقو نەخۆشی ترسنۆکیو نەخۆشی تەماعی دنیاو نەخۆشی مەقامو دەیان شتی تر هەیەو حەز ناکات دۆستایەتی ئەوانی لە دەستی دەربچێت لەبەر ئەوە زۆر پەلە دەکەن بۆ دروست کردنی پەیوەندی نێوانیانو خۆبەستنەوە بەوانەوەو دایان دەنێن بە دۆستو جێگای رازو نیازی خۆیانو دەڵێن: دەترسێین کە دووچاری بەڵاببین کە ئێمە ناچار بین بە ئەوان ، دەی نزیکە خوای گەورە سەرکەوتنێك بدات بە موسڵمانان یان بارودۆخ بە سودی موسڵمانان بسورێتەوەو نالەباریو هەڵقە لە گوێی ئەو کەسانەش دەربکەوێت ، جا ئەو کاتە پەشیمان دەبنەوە لە سەر ئەو نیشانەی کە بە شێوەیەکی ژێر بە ژێری کردویانە، هەندێك دەڵێن: ئەم ئایەتە سەبارەت بە دوو کەس بوو کە پاش روداوی ئوحود یەکێکیان وتی: من دەچم بۆ لای فلان کەسی جولەکە بەڵکو بمپارێزێو دەبم بە جولەکە ئەوی تریان وتی: منیش دەچم بۆ شام بۆ لای فلانە کەسی گاورو دەبم بە گاور بەڵکو بمپارێزێ خوایش ئەم ئایەتەی رەوانە کردو رونی کردەوە کە ئەوە هەوڵێکی نەزۆکەو نابێ خاوەن باوەڕ شتی وا بکات، هەندێکیش دەڵێن: دەربارەی عەبدوڵا ی کوری ئوبەی مونافق دابەزیوە کە وتی: لە گۆڕانی زەمان دەترسمو هەرگیز دەست ناکێشمەوە لە دۆستایەتی جولەکە.

٥٣ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە دەڵێن: ئا ئەوانە مەگەر کەسانێك نەبوون کە سوێندی گەورەیان دەخواردو دەیان وت: ئێمە لە گەل ئێوە داین کەچی دەرکەوت درۆ دەکەنو لە گەل دەستەو بەستەی ترنو دورن لە موسڵمانان، خۆ کردارە چاکەکانیان هەڵوەشایەوەو هیچیان بەدەستەوە نەما ، جا بوون بە مرۆڤێکی زیان لێ کەوتوو. ئەمە چ بۆ دنیا بێت چ بۆ دوا رۆژ دەگونجێت. خوای گەورە وا جارێکی تر بانگی باوەڕداران دەکاتو دەفەرموێ:

٥٤ ئەی باوەڕداران ئەگەر هەر کەس لەئێوە پاشگەز ببێتەوە لە ئایینەکەی خۆی ئەوە بەم زوانە خوای گەورە گەلێك دەهێنێت کە خوا ئەوانی خۆش ئەوێتو ئەوانیش خوای خۆیان خۆش دەوێت کە لەگەل باوەڕداراندا زۆردڵ نەرمو بێ دەعیەوفیزنو بەرامبەر بە کافران زۆر عەزیزو دڵ رەقن، ئەمانە جیهاد دەکەن لە رێگای خواداو لە لۆمەی لۆمە کەران ناترسن بە راستی موسڵمانی موجاهد ، چونکە هەمیشە هەر لە خەباتو تێکۆشان دایەو کەمتر بیر لە سودی دنیایی دەکاتەوە خەڵکی بە تایبەت خزمانی خۆی سەدان ناوو ناتۆرەی پێوە دەنێن ، بەڵام ئەوانەی کە جێگای رەزامەندی خوا بن بۆ ئیشی جیهادی خۆیان هەرگیز بیر لەو سەرکۆنەو تانەو تەشەر دانە ناکەنەوەو خەباتو رەزامەندی خوایان لە هەموو شت بەلاوە گرنگترە ، ئا ئەو وەسفە باشانە لە هەر کەسێك دابو ئەوە بەرەکەتو هێزی خوایەو داویەتی پێیو بەو وەسفە جوانانە نەخشاندویەتی، ﷲ بەهرەو نیعمەتەکانی فرەوانەو زانایە بەوانەی کە شایستەی ئەو نیعمەتانە بنو ئەوانەش کە شایستە نەبن، ئەبو سەعیدی خودری ئەڵێ پێغەمبەری خوا فەرموی: {أَلَا لَا يَمْنَعَنَّ أَحَدَكُمْ رَهْبَةُ النَّاسِ أَنْ يَقُولَ بِحَقٍّ إِذَا رَآهُ أَوْ شَهِدَهُ فَإِنَّهُ لَا يُقَرِّبُ مِنْ أَجَلٍ وَلَا يُبَاعِدُ مِنْ رِزْقٍ أَنْ يَقُولَ بِحَقٍّ أَوْ يُذَكِّرَ بِعَظِيمٍ/رواه احمد/ ئاگادار بن با ترسان لە خەڵك هیچ کام لە ئێوە بەرگری نەکات لە وتنی شتی راستو دروست هەر کاتێ دیان یان ئامادەی بوو ، چونکە بە هیچ شێوەیەك مەرگ نزیك ناکاتەوەو رۆزیش دور ناخاتەوە ئەگەر قسەی حەق بکات یان پەندو ئامۆژگاری خەڵك بکات بە قسەی گرنگو ترساندن لە خاوەن دەسەڵاتی گەورە کە ﷲ . ئینجا پاش ئەوەی کە خوای داناو زانا بەرگری کردین لەوەی کە جولەکەو گاور بکەین بە دۆستو یارمەتی دەری خۆمان بانگمان دەکات بۆ ئەوەی دۆستو یارمەتی دەری خۆمان باش بناسینو دەفەرمێ:

٥٥ دۆستو یارمەتی دەرتان هەر ﷲو پێغەمبەرەکەیو ئەوانەن کە باوەڕیان هێناوە ئەوانەی کە نوێژ دەکەنو زەکات دەدەن لەحاڵێکدا کە ئەوان گەردن کەچن بۆ خوا. دەڵێن پێغەمبەرمانﷺ فەرمویەتی: {لَا تُصَاحِبْ إِلَّا مُؤْمِنًا وَلَا يَأْكُلْ طَعَامَكَ إِلَّا تَقِيٌّ /رواه الترمذی وغیره وحسنة الألباني/ با رەفیقایەتی بێجگە لە باوەڕ دار نەکەیتو با خواردنەکەت بێجگە لە پارێزگار کەسێکی تر نەیخوات.

٥٦ ئەوسا ئەو کەسانەی کە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺو ئەوانەی کە باوەڕدارن بکەن بە سەرپەرستو دۆست بۆ خۆیان ئەوانە حیزبو دەستەو کۆمەڵی خودانو بەراستیش

وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ
لَّا يَعْقِلُونَ ﴿٥٨﴾ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ ءَامَنَّا
بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلُ وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٥٩﴾ قُلْ
هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ
عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ شَرٌّ
مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٦٠﴾ وَإِذَا جَآءُوكُمْ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا
وَقَد دَّخَلُوا۟ بِٱلْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُوا۟ بِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا۟ يَكْتُمُونَ
﴿٦١﴾ وَتَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَأَكْلِهِمُ
ٱلسُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٦٢﴾ لَوْلَا يَنْهَىٰهُمُ ٱلرَّبَّٰنِيُّونَ
وَٱلْأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ ٱلْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ ٱلسُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟
يَصْنَعُونَ ﴿٦٣﴾ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغْلُولَةٌ ۚ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا۟
بِمَا قَالُوا۟ ۘ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَآءُ ۚ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا
مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا ۚ وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ
وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ كُلَّمَآ أَوْقَدُوا۟ نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا ٱللَّهُ ۚ
وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ فَسَادًا ۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٦٤﴾

هەردەستەو حیزبو کۆمەڵی خودایشە سەر کەوتو، واتە: ئاییندە بۆ باوەڕدارانی ڕاستەقینەیە دوژمن چ بیەوێتو چ نەیەوێت.

(٥٧) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە هەرگیز ئەوکەسانەی کەوا گاڵتە دەکەن بەدینەکەتان نەیکەن بەدۆستی خۆتان. لە کێ؟ لەوانەی کەکتێبیان پێ دراوە لەپێش ئێوەدا کە جولەکەو گاورەکانن هەروەها خوانەناسەکانو لە خوا بترسن ئەگەر باوەڕدارن. بەڵێ پاش ئەوەی کە فەرموی ئەوانەگاڵتە بە ئاینەکەتان دەکەن سیفەتێکی تری ئەوانەمان بۆباس دەکات ودەفەرموێ:

(٥٨) خۆ هەر کاتێك کەئێوە بانگتان کردن بۆ نوێژ گاڵتەو گەمە دەکەن بەنوێژو بەبانگەکەی ئێوە ئەوەش لەبەر ئەوەیە چونکە ئەوان گەلێکی بێ عەقڵو نەزانن. جا ئەی موسڵمانان کەسێك کە خوا دەفەرموێ: بێ عەقڵو نەزانە کەی ڕەوایە کە تۆ خۆت بدەیتە دەستی؟!.

(٥٩) پێیان بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب ئایا ئێوە ڕقتان لە ئێمەیەو ئێمەتان خۆشناوێ هەر لە بەر ئەوەی کە باوەڕمان هێناوە بە خواو بەوەی کە ڕەوانە کراوەتەلامانو بەوەش کە ڕەوانە کراوە لە پێشدا؟ بێگومان زۆربەتان فاسقن.

(٦٠) ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئایا هەواڵی لەمە خراپترتان پێ بدەم کە پاداشتانە لە لای خودا؟ ئایا کێ هەیە شەرمەندەو خراپتر لەو کەسەی کە الله لەعنەتی لێ کرد بێو غەزەبی ڕژاندبێت بە سەریداو هەندێ لەوانی کرد بێ بە مەیمونو بەرازو بەندایەتی تاغوت بکات ئا ئەوانە خراپترین جێگایان هەیەو گومڕاترن لە ڕێگای ڕاست، جا ئایا ئەمانە حەقە گاڵتەیان پێ بکرێت یان ئێمەی باوەڕدار بە خواو بە پێغەمبەرانو تەواوی کتێبان؟. سیفەتێکی تریان باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٦١) بەڵێ ئەوانە ترسنۆکن، ریا بازن درۆزنن کاتێك کە دێن بۆ لاتان دەڵێن: ئێمەش باوەڕمان هێناوە بە ڕاستی ئەوانە کافرن کە دێنە لاتانو کاتێکیش کە دەگەڕێنەوە هەر بە کافری دەگەڕێنەوە، وە الله زانایە بەوەی کە ئەوان دەی شارنەوە لە ناو دڵی خۆیاندا.

(٦٢) جا تۆ دەبینی زۆربەی ئەوان پەلە دەکەن لە تاوانو دوژمنایەتیو لە خواردنی ماڵی حەرام دا بە ڕاستی ئیشێکی خراپ دەکەن.

(٦٣) ئەوە بۆچی خوا پەرستانو زانایان بەرگری ناکەن لەو گوناهانەی کە گەلەکەیان دەیڵێنو لەو ماڵە حەرامانەی کە دەیخۆن بە ڕاستی ئەو زانایانە ئیشێکی خراپ دەکەن. ئەمە ئەگەر چی بۆ خوا پەرستانو زانایانی جولەکەو گاورە، بۆ ئەم گەلەیش هەروایەو دەبێ هەمووومان هەوڵ بدەین کە بە گوێی فرمانی خواو پێغەمبەر ﷺ بکەینو لە بەرامبەرئیشە خراپەکان دا بێ دەنگ نەبین پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {مَا مِنْ رَجُلٍ يَكُونُ فِي قَوْمٍ يُعْمَلُ فِيهِمْ بِالْمَعَاصِي يَقْدِرُونَ عَلَى أَنْ يُغَيِّرُوا عَلَيْهِ فَلَا يُغَيِّرُوا إِلَّا أَصَابَهُمُ اللَّهُ بِعَذَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَمُوتُوا / ابو داود، ابن ماجة، حسنهالألباني / هیچ پیاوێك نیەکە لە ناو گەلێك دابێت کەتاوانی تێدا بکرێت لەحاڵێکدا کەبتوانن بیگۆڕنو نەیگۆڕن مەگەر خوا ئەو گەلە دوچاری سزایەك بکات بەر لەوەی بمرن. سیفەتێکی تری پیسی جوەکانمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٦٤) جولەکەکان دەیان وت: دەستی خوا بەستراوە ، خوا شت نادات بە خەڵکو ڕزقی خۆی گرتوەتەوە ، دەستی خۆیان بەستراوەو نەفرین لێ کراون بە هۆی ئەو قسە خراپەی کە کردیان، نەخێر وانیە بەڵکو هەردوو دەستی خوا بڵاوەو

دەبەخشێت چۆنی نارەزۆ لێ بێت ، وەبەراستی گەلێك لەوان بە بۆنەی ئەوەی کە رەوانە کراوەتە لای تۆ لە لایەن پەروەردگارتەوە لە بەر رقو رژدیان زیاتر بەرەو سەرکەشیو کافر بون چوون، ئەم قسەو کردارە ناپەسندەی ئەوان بو بە هۆی ئەوە کە خوا دەفەرموێ: ئێمەش دوژمنایەتیو رقو قینمان خستە نێوانیانەوە هەتا قیامەتو هەر کاتێك ئەوان ئاگری شەڕیان هەڵ دەگیرساند خوای گەورە ئەو ئاگرەی دەکوژاندەوە ، واتە: هەمیشە دەیانەوێت شەڕ لە نێوانی موسڵمانان دا دروست بکەنو هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە سەر ئەم زەویەدا خراپەو ئاشوب بەرپا بکەن ، بە راستی خوا خراپەکارانی خۆش ناوێت. ئەوەتە هەمیشە فرتو فێڵی ئەو خراپکارانە ئاشکرا دەکاتو رسوایان دەکات. ئینجا دەفەرموێ:

(٦٥) جا ئەگەر ئەهلی کتێب باوەڕیان بهێنایەوەو لە خوا بترسنایە بەراستی ئێمە هەموو خراپەی ئەوانمان دا دەپۆشیو لێیان خۆش دەبوین، وە بەراستی ئەمان خستنە ناو بەهەشتانی نازوو نیعمەتەوە. ئەمە وەڵامی سوێندێکی لابراوە واتە سوێند بێ لە هەمو گوناهیان خۆش دەبوینو دەمانخستنە ناو ئەو بەهەشتەوەو دەگەیشتن بە هەموو ئاواتی خۆیان.

(٦٦) خۆ ئەگەر ئەوان بە گوێی تەوراتیان بکردایە لە کاتی خۆی دا و لە پاشان بە گوێی ئینجیلیان بکردایە و بە گوێی ئەومیان بکردایە کە رەوانە کراوەتە لای ئەوان لە لایەن پەروەردگاریانەوە کە ئەم قورئانەیە ئەگەر ئەمانەیان بکردایە بەراستی خوای گەورە نیعمەتی خۆی لە سەرەوەو لە خوارەوە بۆ دەرژاندن ئەمەیان نەکرد، بەڵام هەمویان وەکو یەك نین بەڵکو لە ناو ئەواندا کۆمەڵێکی باش هەیە کە بە گوێی ﷲ دەکەن، وە زۆربەیان ئیشی خراپ دەکەن. ئەمەش تێمان دەگەیەنێت کە ئەگەر هەموو خەڵك روبکەنە خواو ئایینی حەقو عیبادەت بکەن خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی فرەوان دەکاتو هەرزانیو خۆشی دەهێنێت هەروەك لە فەرمودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتوە کاتێك کە عیسا دێتە خوارەوە چل ساڵ حوکم دەکات، چونکە ئەو کاتە هەمویان زیکری خواو بەندایەتی راستەقینە دەکەن ئەو کاتە خوای گەورە تەنانەت ژاری مارەکان لا دەباتو منداڵ لە گەڵ ماردا یاری دەکات هەتا شیری شیرداران زۆر دەبێت کە شیری بزنێك بەشی بنەماڵەیەك دەکاتو شیری مانگاو وشتریش بەشی تیرەو هۆزێك دەکاتو هەنارێك بەشی چەند کەس دەکات واتە هەرزانیو گرانیو

وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَكَفَّرۡنَا عَنۡهُمۡ
سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَلَأَدۡخَلۡنَٰهُمۡ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٦٥﴾ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ أَقَامُواْ
ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِم مِّن رَّبِّهِمۡ لَأَكَلُواْ مِن
فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِمۚ مِّنۡهُمۡ أُمَّةٞ مُّقۡتَصِدَةٞۖ وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ
سَآءَ مَا يَعۡمَلُونَ ﴿٦٦﴾ ۞ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ
مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ
مِنَ ٱلنَّاسِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٦٧﴾ قُلۡ يَـٰٓأَهۡلَ
ٱلۡكِتَٰبِ لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ
وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡۗ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم مَّآ أُنزِلَ
إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗاۖ فَلَا تَأۡسَ عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ
﴿٦٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّـٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ
مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَا خَوۡفٌ
عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٦٩﴾ لَقَدۡ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَ بَنِيٓ
إِسۡرَٰٓءِيلَ وَأَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهِمۡ رُسُلٗاۖ كُلَّمَا جَآءَهُمۡ رَسُولُۢ بِمَا
لَا تَهۡوَىٰٓ أَنفُسُهُمۡ فَرِيقٗا كَذَّبُواْ وَفَرِيقٗا يَقۡتُلُونَ ﴿٧٠﴾

خۆشیو ناخۆشی بە هۆی خۆمانەوەیە ، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(٦٧) ئەی نێراوی خوا رایگەینە ئەوەی کە ناردومانەتە لات، وەئەگەر هاتو وات نەکردو بچوکترین شتت رانەگەیاند ئەوسا هەروەکو هیچت لەو پەیامە رانەگەیاند بێت ئاوایە ، وە لەکەس مەترسە چونکە ﷲ دەتپارێزێت لە خەڵك، دەڵێن: کاتێك کە ئەم ئایەتە دابەزی حەرەسی هەبو کە لە ناو چادرێکا بو سەری هێنایە دەرو چەند کەسێك لە یارەکانی لە دەورو بەری چادرەکەدا بوونو فەرموی بڕۆنەوە من لەم ڕۆ بە دواوە هیچ پێویستیم بە نیگابان نیەو خوای گەورە خۆی دەمپارێزێ لە خەڵك بە بێگومان کە ﷲ رێنمایی گەلی کافران ناکات، چونکە ئەوان کافرنو ئەگەر کافران زاڵ ببن بە سەر پێغەمبەردا ﷺ مانای وایە ئاینەکەی خوا دەفەوتێ، خوا ناوی پێغەمبەرمان بە پەیامبەر ناو دەباتو پێغەمبەریش ﷺ هیچی نەشاردوەتەوەو ئەو ئایینەی هەموو راگەیاندوە. ئەمەش دەمکوتێکی توندە بۆ شیعەو هەموو بیدعەچییان.

(٦٨) پێیان بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب بە راستی ئێوە لە سەر هیچ شتێك نین هەتا بە گوێی تەوراتو ئینجیلو ئەوەی کە رەوانە کراوەتە لاتان لە لایەن پەروەردگارتانەوە کە قورئانە نەکەن ،

وَحَسِبُوٓاْ أَلَّا تَكُونَ فِتۡنَةٞ فَعَمُواْ وَصَمُّواْ ثُمَّ تَابَ ٱللَّهُ
عَلَيۡهِمۡ ثُمَّ عَمُواْ وَصَمُّواْ كَثِيرٞ مِّنۡهُمۡۚ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا
يَعۡمَلُونَ ﴿٧١﴾ لَقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ
ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَۖ وَقَالَ ٱلۡمَسِيحُ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱعۡبُدُواْ
ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمۡۖ إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ
ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ﴿٧٢﴾
لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖۘ وَمَا مِنۡ
إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۚ وَإِن لَّمۡ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٣﴾ أَفَلَا يَتُوبُونَ
إِلَى ٱللَّهِ وَيَسۡتَغۡفِرُونَهُۥۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٧٤﴾
مَّا ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ
ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٞۖ كَانَا يَأۡكُلَانِ ٱلطَّعَامَۗ
ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ ثُمَّ ٱنظُرۡ أَنَّىٰ
يُؤۡفَكُونَ ﴿٧٥﴾ قُلۡ أَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا
يَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗاۚ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٧٦﴾

وە بە راستی زۆرێك لەوان بە بۆنەی ئەوەی كە رەوانە كراوەتە لای تۆ لە جیاتی باوەڕ هێنان زیاتر لە سنور دەرچون‌و كافرتر بوون ، واتە: هەروەكو بو بە مایەی خێر بۆ باوەڕداران بوو بە مایەی شەڕ بۆ ئەهلی كتێب جاكەوا بوو تۆ نارەحەت مەبەو خەفەت مەخۆ لە سەر بەدبەختی‌و سەر شۆڕی كافران. ئینجا خوای گەورە سەبارەت بە باوەڕ داران دەفەرموێ: :

(٦٩) بێگومان ئەوكەسانەی كە باوەڕیان هێناوە بەم ئاینەی پێغەمبەرمانﷺ وە ئەوانەی كە جولەكە بوون لە كاتی خۆی‌و لە سەر ئایینی موسا بوون‌و راستیان كردوەو ئەوانەی كە لایان داوە لە هەموو شتێكی خراپەو بەتاڵ‌و ئایینێكی سەربەخۆیان نەبوە، بەڵام هەرچیان بە چاك زانیوە ئەنجامیان داوەو ئەوكەسانەی كە ئاینی مەسیحیان لە سەردەمی خۆیدا بە رێكوپێكی گرتوە هەر كام لەو ناوانە كە باوەڕیان هێنابوو بە خواو بە رۆژی قیامەت‌و ئیشی باشی كردوە ئیتر ئەوانە هیچ ترسێكیان نیە لە رۆژی قیامەتدا وخەم ناخۆن. واتە خوای میهرەبان تەماشای ناوو ناتۆرە ناكات تەماشای دڵ‌و كردار دەكات هەر كەسێك باوەڕی راستەقینەی هەبوو ئیشی چاكی كرد خوا پاداشتی دەداتەوە بە چەندین بەرامبەر زیاتر لە كارو كۆششەكەی خۆی‌و ستەم لە هیچ بەندەیەكی ناكات. جارێكی تر خوای گەورە بادەداتەوە سەر جولەكەكان‌و دەفەرموێ:

(٧٠) بە راستی ئێمە پەیمانێكی بتەومان وەرگرت لە كوڕانی یەعقوب‌و رەوانەمان كرد بۆ لای ئەوان پێغەمبەران، بەڵام هەر وەختێك پێغەمبەرێك دەهاتە لایان‌و ئامۆژگاری دەكردن بە شتانێك كە بە ئارەزۆی ئەوان نەبو، ئاشكرایە كە ئەوان هەرگیز راستیان نەویستوە ، جا هەر بۆیە ئەوان هەندێك لەو پێغەمبەرانەیان بە درۆ دەخستنەوەو كۆمەڵێكیشیان دەكوژن. نافەرموێ: ﴿فریقا قتلوا﴾ تا وا پیشان بدات كەوا ئێستەو لە مەولا ئەو كارە دەكەن‌و كارەساتەكە دێنێتە بەر چاو كە ئەمە بەشێكە لە رەوان بێژی قورئان كە شتی رابردوو دێنێتەوە بەر چاوو باسی دەكات بەڵێ ئەم جولەكە تاوانبارانە ئەم ئیشە پڕ مەترسی‌و تاوانبارانەیان دەكرد.

(٧١) وایان دەزانی كە بەمە دوچاری هیچ بەڵایەك نابن جاهەم كوێر بوون‌و هەم كەڕ لە پاشان تۆبەیان كردو خوای گەورە تۆبەی لێ وەرگرتن پاشان دوبارە زۆربەی ئەوان لە بیستن‌و بینینی حەق‌و راستی كوێرو كەڕ بونە وەﷻ بینەرە بەو ئیشەی كە ئەوان دەیكەن. جا ﷻ پاش ئەوەی كە هەندێ لە رەوشتە ناپەسندانەكانی جولەكەی باس كرد وا باسی هەندێ بیرو راو قسەی نابەجێ گاورەكانیش دەكات‌و دەفەرموێ:

(٧٢) بەراستی كافرن ئەوانەی كە دەیان وت: خوا بریتیە لە عیسای كوڕی مەریەم‌و عیسایش وتی: ئەی كوڕانی یەعقوب عیبادەتی خوا بكەن كە پەروەردگاری من‌و پەروەردگاری ئێوەشە ، بەبێگومان هەر كەسێك هاوبەشی دانێ بۆ ﷻ، ئەوسا بەحەقیقەت ﷻ یش بەهەشت قەدەغە ئەكات لەو كەسەو جێگای ئاگری جەهەنمە. پێغەمبەرمانﷺ كابرایەكی ناردو فەرموی: جاڕ بدەو بڵێ: {أَلَا لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ إِلَّا نَفْسٌ مُسْلِمَةٌ /متفق علیه/ ئاگاداربن بە راستی ناچێتە بەهەشت مەگەر موسڵمان بێت} واتە: پێغەمبەران هەمویان یەك دەنگن لەوەدا كە موشریك ناچێتە بەهەشتەوە . وە بەم ئیشە نارەوایە دەبن بە ستەمكارو . بۆ ستەمكاران هیچ یارمەتی دەرێك نیە. وە لە سورەتی (النساء) لە دوو شوێن دا فەرموی ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ ﴾ / خوا خۆشنابێت كە هابەشی بۆ دابنرێت﴾ بە راستی هاوبەشی دانان ستەمێكی ئێجگار گەورەیە وەكو خوا لە سورەتی (لقمان /١٣) لە سەر زمانی لوقمان بۆمان تۆمار دەكات‌و دەفەرموێ: ﴿جا بیر بكەرەوەو باس بكەن ئە كاتەی كە لوقمان بە كوڕەكەی وت كە ئامۆژگاری دەكرد: ئەی كوڕی خۆم هاوبەش

دانەنێیت بۆ خوا بە راستی هاوبەشی دانان ستەمێکی زۆر گەورەیە﴾ ئەوەتە پێغەمبەرمان ﷺ لە یەکێ لە پاڕانەوەکانی دا دەفەرموێ: {ئەی خوایە بە راستی من پەنا ئەگرم بە تۆ لەوەی کە هاوەڵت بۆ دابنێم‌و خۆم بزانم ، وەداوای لێ بوردنت لێ دەکەم بۆ ئەوەش کە خۆم نەزانم} ئەم بەشەیان لە گاورەکان دەیان وت: هەر عیسا خوایەو بەشێکی تریان خوایان بە سێ دەزانی‌و مەریەم‌و عیسای کوڕیان بە دوو خوا دادەنا، خوایش دەمکوتیان دەکات‌و دەفەرموێ:

(٧٣) بە راستی کافر بوون ئەو کەسانەی کە وتیان: ﷲ سێ هەمی سێ یەکانە ، واتە: خواو عیساو مەریەم، وە جگە لەیەك خوای تاك‌و تەنها کە ﷲ یە هیچ خوایەکی تر نییەو ئەگەر واز نەهێنن لەوەی کە دەیڵێن با چاك بزانن کە سزایەکی دەردناك پێیان دەگات‌و ئازاریان دەدات لە رۆژی دوایداو کۆت‌و زنجیر دەکرێن‌و دەخرێنە ناو ئاگرەوە ئینجا خوای گەورە بە شێوەیەکی زۆر جوان بانگیان دەکات‌و دەفەرموێ: :

(٧٤) ئایا ئەوان هەروا سور دەبن لەسەر خوانەناسی‌و ناگەڕێنەوە بۆ لای خوای خۆیان‌و داوای لێ خۆشبونی لێ بکەن؟ بە راستی خوا خوایەکی لێ بوردەو میهرەبانە بەرامبەر مرۆڤەکان. واتە با تەوبە بکەن‌و بگەڕێنەوە بۆ لای خواو داوای لێ خۆشبونی لێ بکەن، بە راستی ئەمە نیشانەی سۆزو میهرەبانی خوایە بەرامبەر بە بەندەکانی لە گەل ئەو تاوانە گەورەیەدا کە عیساو مەریەم بە خوا دەزانن‌و دەیانکەن بە هاوەڵی خوا کەچی خوا هەڵیان دەنێت بۆ تەوبە کردن؟ ئینجا دەفەرموێ:

(٧٥) عیسای کوڕی مەریەم بێجگە لەوەی کە پێغەمبەرێکی خوایە شتێکی تر نیەکە بەراستی پێغەمبەرانێك پێش ئەو چۆوون ئەویش وەکو ئەوان وایەو دایکیشی ئافرەتێکی راستگۆبووەو بێ باوك پەیدا بوە کە هەردووکیان خواردنیان دەخواردو کەسێکیش کەخۆراك بخوات ناگونجێت کە خوا بێت، چونکە خوا پێویستی بە خۆراك نیە، راستیش ئەوەیە کە پێغەمبەران تەنها لە پیاوان بوە، کەواتە مەریەم وەلیە نە پێغەمبەر، دەی تەماشا بکەو بزانە چۆن نیشانەکانی خۆمان رۆشنی دەکەینەوە بۆیان؟ لە پاشان تەماشاش بکە کەئەوان چۆن وا درۆ هەڵدەبەستن بە دەم ئێمەوە؟!

(٧٦) پێیان بڵێ: ئایا بێجگە لە خوا شتانێك دەپەرستن؟ کە نەخاوەنی زیانێکن‌ونەخاوەنی سودێکن بۆتان؟! ئەگەر ژێر

قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ
وَلَا تَتَّبِعُوٓاْ أَهۡوَآءَ قَوۡمٖ قَدۡ ضَلُّواْ مِن قَبۡلُ وَأَضَلُّواْ
كَثِيرٗا وَضَلُّواْ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ (٧٧) لُعِنَ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى
ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ (٧٨)
كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُۚ لَبِئۡسَ
مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ (٧٩) تَرَىٰ كَثِيرٗا مِّنۡهُمۡ
يَتَوَلَّوۡنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ لَبِئۡسَ مَا قَدَّمَتۡ لَهُمۡ أَنفُسُهُمۡ
أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَفِي ٱلۡعَذَابِ هُمۡ خَٰلِدُونَ (٨٠)
وَلَوۡ كَانُواْ يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلنَّبِيِّ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ
مَا ٱتَّخَذُوهُمۡ أَوۡلِيَآءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُمۡ فَٰسِقُونَ
(٨١) ۞ لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةٗ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلۡيَهُودَ
وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقۡرَبَهُم مَّوَدَّةٗ لِّلَّذِينَ
ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ
قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانٗا وَأَنَّهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ (٨٢)

بونایە شتی ئاوەهاتان نەدەکرد، وە بە راستی خوا هەر خۆیەتی بیسەر و زانەر بۆ وتارو کردارەکانتان.

(٧٧) پێیان بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب زیادەڕەویی مەکەن لە دینەکەتان داو شتێکی نارەوا نەڵێن کە ئاینەکەتان نەیوتبێت‌و دوای ئارەزۆکانی گەلێك مەکەون کە ئەوان خۆیان هەر لەپێشدا گومڕاو سەر لێ شێواوبوون‌و زۆر خەڵکشیان گومڕا کردوەو خۆیشیان لە راستە شەقامی ئیسلام‌و ئایین لایان داوەو گومڕا بون. بەداخەوە ئەمڕۆ دەبینین سەدەها سوننەتی راستەقینەی پێغەمبەرﷺو دەیان فەرز تەرك کراوەو کەس بە خەیاڵیدا نایە وەك ئەوەی هیچ روی نەدابێت ، وە سەدەها بیدعەتیان بە ناوی ئایینەوە بڵاو کردوەتەوەو رەواجی پێ دەدەن‌و خەڵکی پێوە خەریك دەکەن‌و هەندێ جاریش خەرجی زۆری بۆ دەکەن، ئەگەر خوا ناسێکی راستەقینەو دڵسۆز بە خواو بە ئایین‌و لە پاشان دڵسۆز بە گەل‌و نەتەوەی وتی: ئەوە شتێکی داهاتوەو ئەوەندە خۆتانی پێوە خەریك مەکەن لە لای ئەم نەزانی خۆ بە زانا زانە دنیا کاول دەبێت‌و ئاسمان‌و زەوی بە وێرانی دەبینێ‌و لە هیچ تانەو تەشەرێکی نارەوا سڵ ناکات‌و (پۆلس) دەیان بەڵگەی خۆ پەسند بۆ نەزانان کەڵەکە دەکات‌و نەزانانی پێ رازی دەکات ئیتربیر لەوە ناکاتەوە کە چ تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوەو بە ناو دینەوە یا لە دین دەرچووە وەك (پۆلس)

یان خەریکە دەردەچێت، پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: (لاَ تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى عِيسَى بْنَ مَرْيَمَ ، وَلَكِنْ قُولُوا : عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ / متفق عليه/ لە سنوری خۆم دەرم نەکەن وەکو گاورەکان عیسای کوری مەریەمیان لە سنوری خۆی دەرکرد من بێجگە لەوەی کە بەندەی خوداوەندەمو رەوانە کراوی ئەوم شتێکی تر نیم} جا تۆ ئەگەر راست دەکەیتو پێغەمبەرت خۆش دەوێت کە خۆشویستنی ئەرکی سەر شانی هەموو موسڵمانێکە وەرە بە گوێی بکەو شتی تازە دامەهێنە ئەوەی زەمانی ئەو دین نەبو بێت هەتا قیامەت دین نی ، رەبیعی کوڕی ئەنەس دەڵێت: بە راستی هی وا هەبووە کە ماوەیەك بە گوێرەی سوننەتی پێغەمبەرﷺ ئیشی کردوە جا شەیتان هاتوەتە لایو پێی وتوە تۆ هەر خەریکی شتێکی کە پێش تۆ کراوە کەواتە ئەوەندە وشك مەبە لە سەری، تۆ دەبێ شت دابهێنیت. وەك ئەمڕۆ دەڵێن: دەبێ ئیبتکارات هەبێتو خەڵك بانگ بکە بۆی ئەویش وای کرد لە پاشان زانی کە شتێکی خراپی کردوە ویستی پەشیمان ببێتەوەو وازی لەو دەسەڵاتو سەروەتە هێناو خەریکی بەندایەتی بووەوە چەند رۆژێك سەرگەرمی بەندایەتی بوو جارێکی تر هاتنەوە لایو پێیان وت: ئەگەر تۆ خۆت پەشیمان بویتەوەو تەوبەت کردوە لە نێوان خۆتو خوادا نزیکە خوا لێت وەرگرێت ئەی چی بە فلانو فیسار دەکەیت کە تۆ کاتی خۆی تێکت داونو ئێستا مردون؟ کەواتە تەوبە بەهیچ شێوەیەك بۆ تۆ نیە. ئیبنو ئەبی حاتەم دەڵێت سەبارەت بەو کەسانەو وێنەیان ئەم ئایەتەیەکە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ غَيْرَ ٱلْحَقِّ ﴾ جا با ئێمەش بیر لە خۆمانو بەرنامەکانمان بکەینەوەو نەبین بە هۆی گومڕا کردنی خۆمانو خەڵکیش ئەوەتە خوای گەورە سەبارەت بەو زانایانە دەفەرموێ:

(٧٨) نەفرین کرا لەو کەسانەی کە کافر بوون لەنەوەی ئیسرائیل لە سەر زمانی داودو عیسای کوری مەریەم، چونکە سەرپێچی فرمانی خوایان کردو دەست درێژ کار بوون.

(٧٩) بەرگریان نەدەکرد لەو ئیشە خراپانەی کە دەیانکرد بە راستی ئیشێکی زۆر خراپیان دەکرد. جا با ئێمەش تەماشا بکەینو بزانین بۆ خوا نەفرینی کرد لەو زاناو خوا ناسانەی ئەو گەلە؟ چونکە ئیشی خراپ دەکراو زاناو خاوەن هێزەکان بەرگریان نەدەکرد ئایا بۆ ئەم سەردەمەی ئێمەو لە ناو ئەم خەڵکەی ئەمڕۆدا ئەو هەموو ئیشە خراپە دەکرێتو ئێمە لێی بێ دەنگین ئەگەر قورئان ئێستە بهاتایە خوارەوە چی بە ئێمە دەفەرمو؟ جا پێویستە بیر لە حاڵی خۆمان بکەینەوەو بزانین کە ئێمە واین لە لێواری ئاگرێکی زۆر پڕ مەترسیدا کە ئاگری جەهەنمە،پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ وَذَلِكَ أَضْعَفُ الْإِيمَانِ /مسلم/ هەر کەسێ ئیشێکی خراپی دی با بەدەست بیگۆڕێت وە ئەگەر بە دەست نەیتوانی با بە زمان بیگۆڕێت وە ئەگەر بە زمان نەیتوانی با بە دڵ رقی بێ لەو ئیشەو ئەمەش لاخواروی باوەڕە، ئینجا دەفەرموێ:

(٨٠) تۆ دەبینی زۆربەی ئەوان ئەو کەسانەی کە خوانەناسن دەکەن بە دۆست بۆ خۆیان بە راستی شتێکی پیسە کەنەفسیان بۆیان جوان دەکاتو پێشکەشیان دەکات ، کە اللهُ رقی لێیان هەستێتو لە ناو سزادا بمێننەوە بۆ هەمیشە. گەرچی مەبەستی جولەکەو گاورەکانە یان مونافقەکانی سەردەمی پێغەمبەرمانەﷺ، هەروا ئەم ئایەتە بۆ هەر موسڵمانێکە کە ئەو ئیشە بکاتو بێ باوەڕان بکات بە دۆستو یارمەتی دەری خۆی، ئینجا رێنماییان دەکات کە چی بکەنو دەفەرموێ:

(٨١) خۆ ئەگەر ئەوان باوەڕیان بهێنایە بە خواو بە پێغەمبەرﷺو بەوەی کە رەوانە کراوەتە لای ئەوپێغەمبەرە ﷺ هەرگیز ئەو کافرانەیان نەدەکرد بە دۆستو سەرپەرستی خۆیان بەڵام زۆربەیان لە سنور دەرچوونو سنوری راستیو ئاینیان بەزاندوە وکەمێکی بەسەلامەتی ماوەتەوە. ئەی ئەمڕۆ لە وڵاتی ئیسلامیدا ئەوکردارە نامۆیە ئەنجام نادرێت؟! وە ئایا کەس سڵی لێ دەکات؟! ئینجا دەفەرموێ:

(٨٢) ئەی محمدﷺ سوێند بە گەورەیی خۆم دوژمن ترین کەس بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە جولەکەو ئەو کەسانەن کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوەونزیکترین کەس بۆ دۆستایەتی لە نێوان خەڵکا سەبارەت بەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ئەو کەسانەن کە خۆیان بە گاور دادەنێن چونکە لە ناو ئەوان دا زانایانو گۆشە گیرهەیەو ئەوان خۆیان بە گەورە ناگرن. لە راستی دا چوار شت دەبێت بە هۆی لادان لە ئایینو دژایەتی کردنیو بە سوك تەماشا کردنی پەیڕەوانی یەکەم ـ نەزانی (الجهل). دووهەم ـ خۆشەویستی دنیا. سێهەم ـ حەسودی. چوارەم ـ خۆ بە گەورە گرتن گاورەکان زانایان هەبوو ، وە لە ناو ئەوانیشدا کەسانێك هەبون کە بە تەواوی وازیان لە دنیا دەهێناو هەر خەریکی بەندایەتی دەبون،واتە: لە نەزانیو دنیا

وَإِذَا سَمِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَىٰ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ
الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ
الشَّاهِدِينَ ﴿٨٣﴾ وَمَا لَنَا لَا نُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا جَاءَنَا مِنَ الْحَقِّ
وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ الْقَوْمِ الصَّالِحِينَ ﴿٨٤﴾ فَأَثَابَهُمُ
اللَّهُ بِمَا قَالُوا جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا
وَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ ﴿٨٥﴾ وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا
بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ ﴿٨٦﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا
لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ
لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ وَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ حَلَالًا طَيِّبًا
وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ
بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الْأَيْمَانَ
فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ
أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ
ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ذَٰلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُوا
أَيْمَانَكُمْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٨٩﴾

ویستیو خۆ بە گەورە گرتن دور بوون بۆیە زووتر باوەڕیان دەهێناو ڕێزیان لە ئایین دەگرت ، ئەوە بوو نەجاشی چۆن رەفتاری کردلە گەل یارە کۆچەریەکانی حەبەشەدا وموقەوقیس چۆن وەڵامی نامەی پێغەمبەری ﷺ دایەوە، بەڵام جولەکە چەندین جار هەوڵی کوشتنی پێغەمبەریان داو سیحریان لێ کرد و بەدژی ئەو هاوکاری بت پەرستەکانیان دەکرد ، بۆیە خوا سەبارەت بە گاورەکان دەفەرموێ:

﴿٨٣﴾ خۆهەر کاتێك کە دەیبیسن ئەوەی کە رەوانە کراوەتە لای پێغەمبەرﷺ و گوێیان لە قوئان دەبێت تۆ دەبینی چاویان فرمێسکی پێدا دێتە خوارەوە لە بەر ئەو راستییەی کە ناسیویانەو دەزانن کە ئەوە حەقو راستە، جا دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێناوەو بمان نوسە لە گەل ئەو کەسانەی کە شایەتن واتە لە گەل ئۆمەتی محمد داﷺ حیسابیان بۆ بکە ، چونکە ئەوان لە کتێبەکەی خۆیان باسی ئەم پێغەمبەرەیان بۆ کراوەو دەزانن کە ئەمە چەند پایە بەرزە لە لای خواو لە سەروی هەموو ئۆمەتەکانی ترەوەیەو دەڵێن :

﴿٨٤﴾ بۆ دەبێ کەئێمە باوەڕ نەهینین بە خواو بە ئەوراستییەی کە هاتوتە لامان لە گەل ئەوەدا کە ئێمە بە تەماین کە پەروەردگارمان بمانخاتە ناو گەلی سالْحانەوە؟

﴿٨٥﴾ جا بە بۆنەی ئەوەی کە بەو شێوە باوەڕیان هێنا خواش پاداشتی ئەو هەڵوێستو قسەجوانانەی پێدانەوە بە بەهەشتانێك کە لە ژێر ئەو بەهەشتانەدا چەندین جۆگە دەڕوات کەبۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوەو ئەوەیە پاداشتی چاکەکاران. جا ئەو موژدەیە بۆ هەموو کەسێکی چاکە لە هەموو سەردەمێکدا ئەگەر چی لێرەدا سەبارەت بەو گاورانە دابەزی وە، چونکە هۆی دابەزین شتی گشتی تایبەت ناکات وتراوە:" العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب/ کەڵك لە گشتی وشە وەردەگیرێت نەك لە تایبەتی هۆی وشەکە". ئینجا خوای گەورە پاش باس کردنی پاداشتی باوەڕ داران باسی سزای بێ باوەڕان دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٨٦﴾ ئەو کەسانەی کە کافرو بێ باوڕن بە نیشانەکانی ئێمە ئەوانە رەفیقی دەستە ملی ئاگری جەهەنمن.

﴿٨٧﴾ دەگێڕنەوە دەڵێن: هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوە بو کە کۆمەڵێك لە یارەکانی پێغەمبەری خواﷺ بۆ زیاتر بە ندایەتی کردن هەندێکیان بڕیاریان دا کە ژن نەهێننو هەندێکیان ، وتیان: گۆشت ناخۆینو هەندێکیان وتیان ناخەوین لەسەربەڕە، جا ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەرمانﷺو ناردی بە دوایانداو هاتنو فەرموی: ئێوە ئاوەهاتان وتوە؟ وتیان: بەڵێ. پێغەمبەرﷺ فەرموی: {لَكِنِّي أُصَلِّي وَأَنَامُ وَأَصُومُ وَأُفْطِرُ وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي/متفق عليه/ بەڵام من شەو نوێژ دەکەمو ئەیشخەومو رۆژو دەگرمو هەندێ جاریش بە رۆژو نابمو ژن دەهێنم ئەوسا هەر کەسێك لە رەوشتی من لابدات لەمن نیە} جا خوا دەفەرموێ: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە قەدەغە مەکەن لە سەر خۆتان ئەو شتە پاکانەی کە خوا حەڵاڵی کردوە بۆتانو لە سنور دەرنەچنو چیتان بۆ دانراوە ئاوەها بکەن نە زیادو نەکەم لە بڕیاری حەڵاڵو حەرام لا نەدەن بە راستی خوا دەست درێژی کەرانو سنور بەزێنانی خۆش ناوێت. ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿٨٨﴾ بخۆن لەوەی کەخوا پێیداون ئەوەی کە حەڵاڵەو پاکە واتە پێویستە لە خواردندا دووشت لە بەر چاو بگیرێت یەکەم ـ حەڵاڵ بێت. دووهەم ـ پاك بێت. بۆ نمونە: لوقمەیەکی حەڵاڵ ئەگەر کەوتە ناو هەندێ شتەوە کە تەبیعەت نەیبات حەق نیە بخورێت یان شتێکی حەڵاڵ وەکو بزن مڕەو کوللە هەرچەندە

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ
مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّمَا يُرِيدُ
ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ
وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾ وَأَطِيعُواْ
ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحۡذَرُواْۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ
رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿٩٢﴾ لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّأَحۡسَنُواْۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ
﴿٩٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَيَبۡلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلصَّيۡدِ تَنَالُهُۥٓ
أَيۡدِيكُمۡ وَرِمَاحُكُمۡ لِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ بَعۡدَ
ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٩٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ
وَأَنتُمۡ حُرُمٞۚ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآءٞ مِّثۡلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ
يَحۡكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ هَدۡيَۢا بَٰلِغَ ٱلۡكَعۡبَةِ أَوۡ كَفَّٰرَةٞ طَعَامُ
مَسَٰكِينَ أَوۡ عَدۡلُ ذَٰلِكَ صِيَامٗا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمۡرِهِۦۗ عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا
سَلَفَۚ وَمَنۡ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنۡهُۚ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴿٩٥﴾

حەلاڵن، بەڵام کەسێ نەیخوارد بێتو بێزی لێ ببێتەوە با نەیخوات، چونکە ئەگەر چی حەلاڵە بەڵام بۆ ئەوان چاك (طیب) نیە، ئینجا دەفەرموێ: جا بترسن لەو خوایەی کە ئێوە باوەڕتان پێی هەیە ,جا نە حەلاڵ حەرام بکەنو نە حەرام بە حەلاڵ دانێن چونکەهەردوو تاواننو دەست درێژیە لە سەر مافی پەروەردگار، چونکە هەر ئەو مافی حەلاڵو حەرامکردنی هەیە ﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُ﴾ الأعراف: ٥٤/ ئاگادار بن تەنها بۆ خوایە دروستکردنو هەر بۆ ئەویشە فرمان﴾ ئینجا خوای گەورە یاسای سوێندمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٨٩﴾ خوای میهرەبان تۆڵەتان لێ ناسێنێ لە سەر سوێندێك کە لە خۆیەوەیەو بە دەمتاندا دێتو مەبەستتان سوێند خواردن نییە وەك (نەوەڵڵاو ئەرێ وەڵڵا) بەڵام خوا حیسابی سوێندێکتان لە سەر دەکات کە بە دڵ دەتانەوێ سوێند بخۆنو بڕیار بدەنوئینجا سوێند بخۆن، جا ئەو سوێندە ئەگەر بۆ ئیشێکی ڕەواو دروست بوو نابێ بیشکێنن وە ئەگەر بۆ شتێکی نادروست بوو وەك ئەوە کابرا سوێند بخوات کە قسە لە گەل باوکیا نەکات ئەوە دەبێ سوێندەکەی بشکێنێ ، وەئەگەر سوێندەکەی لە سەر شتێکی موباح خواردو ویستی بیشکێنێ ئەم دوو بەشە دەبێ تۆڵەی سوێند شکانەکە بدەن کە تۆڵەکەیشی بریتیە لە خواردنی دە هەژار لەناوەڕاسترین ئەو خواردنەی کە دەیدەن بە منالو خێزانی خۆتان واتە خواردنێکی نەزۆر لەڕو نە زۆر قەڵەو یان لیباسیان بۆ بکرێت، واتە: لیباسی دە فەقیر لیباسیش ئەوەیە کە بەدەنیان داپۆشێو بتوانن نوێژی پێ بکەن یان بەندەیەك ئازاد بکەن ، جا کابرا خۆی سەرپشکە لە ئەنجام دانی یەکێك لەو سێ شتانە هەر کامیان ئەنجام بدات باشە، بەڵام ئەگەر توانای ئەنجام دانی هیچ کامیانی نەبوو ئەوە سێ ڕۆژ ڕۆژوو پێویستە لە سەریو دەبێ بیگرێ، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ: ئەوەی کە باس کرا کەفارەتی سوێندەکانتانە ئەگەر شکاندتانو دەفەرموێ: کاتێك کە سوێند دەخۆن سوێندەکانتان بپارێزنو نەیان شکێنن هەر ئاوەها خوا نیشانەکانی خۆی باس دەکات بۆتان بەڵکو ئێوەش سوپاسی خوا بکەن. ئینجا خوای گەورە یاسای قەدەغە کردنی ئارەقو قومارو بتو سپاردنی تەقسیمات بە شتی خەیاڵی باس دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٩٠﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە مادە سڕکەرەکان وقومارو بتەکانو پیاڵەدیاری کراوەکانی بەشکردن شتانێکی پیسن لە کردارەکانی شەیتانن دەی دوور بکەونەوە لەو کردارە پیسە بەڵکو ڕزگار ببن لە دەستی فڕو فێڵی شەیتانو شەیتان سیفەتانو ڕزگار ببن لە سزاو تۆڵەی سەختی دوا ڕۆژ. (الخمر) بە داپۆشەر دەڵێن وەك چۆن بە سەرپۆشی ئافرەت دەوترێت (خمار) ئەمیش ئەو ناوەی بۆ دانراوە، چونکە ژیری دادەپۆشێتو مەستی دەکاتو لەو کاتەدا عەقڵی بە هیچ ناشکێتو ئاگای لە خۆی نیە چی دەکاتو چی لێ دەکرێت ، جا کەی ژیرانەیە مرۆڤ بە دەستی خۆیو بە ماڵی خۆی خۆی ئاوا لێ بکات کە ببێ بە هۆی گاڵتە پێ کردنی؟ تەماشا کەن کەئیسلام چەند دڵسۆزە بۆ مرۆڤو چۆنی دەپارێزێت لە شتی عەیبەو ناشیرین ، پێویستە ئەوەش بزانین کە هەر شتێك مرۆڤ سەر خۆش بکات ئەوە (خمر)ەو هەرچی مرۆڤ سەر خۆش بکات بابەسەتلێکیش بێت ئەوەقومێکیشی حەرامە قومار بە هەموو شێوەکانیەوە حەرامو قەدەغەیە نابێ باوەڕداران نزیکی بکەونەوە تەنانەت ئەگەر لە سەر بردنەوەو دۆڕانیش نەبێت باوەڕدار مافی نزیك کەوتنەوەی نیە وەك پێغەمبەرمان ﷺ سەبارەت بە تاوڵە دەفەرموێ: {مَنْ لَعِبَ بِالنَّرْدَشِيرِ فَكَأَنَّمَا صَبَغَ يَدَه فِي لَحْمِ خِنْزِيرٍ وَدَمِه /مسلم/ هەر کەسێك یاری تاوڵە بکات وەك ئەو کەسە وایە کە دەستی خۆی بە گۆشتی بەرازو

خوێنەکەی ڕەنگ کردبێت}ئینجا خوا زیاتر پیسی ئارەق‌و قومار ڕۆشن دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(٩١) شەیتان دەیەوێت دوژمنایەتی ورق‌وقین دروست بکات لە ناو ئێوەدا بە بۆنەی عارەق‌و قومارەوەو بەرگریتان بکات لە یادی خوا. دەبینی کابرا سێ سەعات بەڵکو زیاتریش خەریکی قومار دەبێت‌و ئاگای لە هیچی تر نامێنێت ، وە یان کابرا عەرەق دەخواتەوە چەند سەعاتێك سەر خۆشە ونەك ئاگای لە نوێژ نامێنێ بەڵکو ئاگای لە خۆیشی نامێنێ دەی ئایا ئیتر ئێوە واز ناهێنن؟ دەڵێن کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە پێغەمبەرمانﷺ فەرموی عومەرم بۆ بانگ بکەن کاتێ کە هات ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە هەتا گەیشتە ﴿ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴾ عومەر وتی:"یا ربنا انتهینا، یا ربنا انتهینا / ئەی پەروەردگارمان وازمان هێنا ئەی پەروەردگارمان وازامان هێنا" دوای ئەمە کە عومەر وتی: وازمان لێهێنا،

ئینجا پێغەمبەری خواﷺ ڕۆیشت بۆ لای نادیەکەیان‌و ئەم ئایەتەی خوێندەوەو دەڵێن: هی وا هەبوو نیوەی ئارەقەکەی خواردبویەوە هی وا هەبوو بە سەر دەمیەوە بوو کە ئەم ئایەتەیان بیست ئەوەی کە بە سەردەمیەوە بوو ئەوەی کە هیچی لێ نەخواردبوو ئەوەی کە نیوەی کردبوو هەمویان ڕژاندیان دەڵێن: ئەو ڕۆژە لە مەدینەدا ئەوەندە ئارەق ڕژا کۆڵانەکانی مەدینە لافاوی لێ هەڵنیشت جا ئەوە سیفەتی موسڵمانانی سەردەمی پێغەمبەرمانﷺ بوو موسڵمانانی پێشوو کاتێك کە خوا دەی فەرمو فڵانە شت حەرامە وازیان لێ دەهێنا بەڵام بە داخەوە ئەمڕۆ هەزاران شت دەزانین حەرامەو پێیشی دەوترێت مەیکە هەر دەیکات جا ئەمە لە کوێ‌و ئەوە لە کوێ؟.

ئینجا خوای دانا دەفەرموێ:

(٩٢) پەیڕەوی فرمانەکانی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن‌و بترسن لە تۆڵەو سزای خودا ، جا ئەگەر ئێوە پشتتان لێ هەڵچەرخاند سا بزانن لە سەر پێغەمبەرەکەی ئێمەش تەنها ڕاگەیاندنی ئاشکرا پێویستەو هیچی تر.

عەبدورەحمان ی کوڕی وەعلە دەڵێ: پرسیم لە ئیبنو عەباس لە بارەی شەرابەوە ئەویش وتی: پێغەمبەری خواﷺ دۆستێکی هەبوو لە سەقیف یان لە دەوس لە ساڵی فەتحدا لە مەکە هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺو کونەیەك شەرابی بە هەدیە بۆ هێنابو ،پێغەمبەرﷺ فەرموی: {يَا أَبَا فُلَانٍ أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ اللَّهَ حَرَّمَهَا فَأَقْبَلَ الرَّجُلُ عَلَى غُلَامِهِ فَقَالَ اذْهَبْ فَبِعْهَا فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَا أَبَا فُلَانٍ بِمَاذَا أَمَرْتَهُ قَالَ أَمَرْتُهُ أَنْ يَبِيعَهَا قَالَ إِنَّ الَّذِي حَرَّمَ شُرْبَهَا حَرَّمَ بَيْعَهَا فَأَمَرَ بِهَا فَأُفْرِغَتْ فِي الْبَطْحَاءِ؟/ رواه احمد ومسلم وغيرهما/ ئەی باوکی فڵانە کەس ئەی تۆ نازانی کە خوا حەرامی کردوە؟ جاکابرا ڕوی کردە خزمەتکارەکەی‌و وتی: بڕۆ بیفرۆشە، پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: ئەی باوکی فڵانە کەس چ دەستورێکت پێدا؟ وتی: دەستورم پێدا کە بچێت بیفرۆشێت پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ئەو کەسەی کە خواردنەوەکەی حەرام کردوە فرۆشتنەکەشی هەر حەرام کردوە، ئینجا فرمانی پێداو لە ناو بەردەڵانەکانی مەدینەدا ڕژێنرا}، ئیمامی بوخاری‌و موسلم دەگێرنەوە کە عومەری کوڕی خەتاب لە میمبەری پێغەمبەری خواﷺ لە خوتبەیەکیدا وتی: ئەی خەڵکینە ئایەتی حەرام کردنی شەراب دابەزی‌و ئەو کاتە شەراب لەم پێنج شتە دروست دەکرا لە ترێ‌و لە خورماو لە هەنگوین‌و لە گەنم‌و لە جۆو. شەراب ﴿الخمر﴾ ناوە بۆ هەر شتێك کە عەقڵ داپۆشێت‌و کابرا بێ ئاگاو مەست بکات، سەعد دەڵێ: چوار ئایەت سەبارەت بە شەراب دابەزیوە ئینجا پاش باس کردنی ئەو چوار ئایەتە دەڵێ: پیاوێکی یاریدەدەر خواردنێکی دروست کردو بانگی کردین‌و پاش خواردن شەرابمان خواردەوە پێش ئەوەی کە حەرام بکرێت هەتا سەر خۆش بوین ئینجا دەستمان کرد بە خۆهەڵکێشان یاریدەدەرەکان وتیان ئێمە بەڕێزین وکوچەریەکانیش وتیان: ئێمە بەڕێزین‌و پیاوێکی یاریدەدەرەکان چەناکەی وشترێکی بەر دەست کەوت‌و دای لە لوتی سەعدو کونی کرد ئیتر ئەم ئایەتە دابەزی ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ - الی - فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ؟﴾ ئینجا کاتێ ئایەتی حەرام کردنی شەراب‌و قومار دابەزی‌و بەپیسی ناوبران داخ لە دڵانی منافق‌و بێ باوەڕ ئەم هەلەیان قۆستەوەو دەستیان دایە بڵاو کردنەوەی پڕو پاگەندە بۆ لەکەدار کردنی ئایین‌و دروستکردنی دڵە ڕاوکێ لە ناو موسڵمانان داو وتیان: ئەگەر ئەمە پیسە خۆ هەندێ لە موسڵمانان لە مەو بەر مردون یان شەهید بوون سکیان پڕ بوە لەو پیسیەو دەبێ ئەوانە وەزعیان چۆن بێت؟ خوای داناو میهرەبانیش دەمکوتی کردن‌و فەرموی :

(٩٣) هیچ تاوانێك نیە لە سەر ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردوە لە سەر ئەوکەسانەی کە لەو شتە پیسەیان خواردوە لە پێش قەدەغە کردنیدا مادام تەقوایان هەبوبێت‌و لە خوا ترسا بن‌و باوەڕیان هێنا بێت‌و کرداری

أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ ٱلْبَحْرِ وَطَعَامُهُۥ مَتَـٰعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ ۖ وَحُرِّمَ
عَلَيْكُمْ صَيْدُ ٱلْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا ۗ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ
تُحْشَرُونَ ﴿٩٦﴾ ۞ جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلْكَعْبَةَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ
قِيَـٰمًا لِّلنَّاسِ وَٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَٱلْهَدْىَ وَٱلْقَلَـٰٓئِدَ ۚ ذَٰلِكَ لِتَعْلَمُوٓا۟
أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ
شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٩٧﴾ ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ وَأَنَّ ٱللَّهَ
غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩٨﴾ مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَـٰغُ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا
تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ ﴿٩٩﴾ قُل لَّا يَسْتَوِى ٱلْخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ
وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ ٱلْخَبِيثِ ۚ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَـٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَـٰبِ
لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٠٠﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَسْـَٔلُوا۟
عَنْ أَشْيَآءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِن تَسْـَٔلُوا۟ عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ
ٱلْقُرْءَانُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا ٱللَّهُ عَنْهَا ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٠١﴾ قَدْ
سَأَلَهَا قَوْمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُوا۟ بِهَا كَـٰفِرِينَ ﴿١٠٢﴾
مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ ۙ وَلَـٰكِنَّ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۖ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٣﴾

چاكیان كردبێت له‌ پاشان له‌ خوا ترسا بن‌و باوه‌ڕیان هێنابێ له‌ پاشان له‌ خوا ترسا بن‌و چاكه‌یان كردبێ ، وه‌ به‌راستی خوا چاكه‌ كارانی خۆش ده‌وێت. به‌ڵێ ئاوه‌ها خوای میهره‌بان‌و دانا ده‌مكوتی موونافقان‌و كافران‌و هه‌لپه‌رستان ده‌كات‌و دڵخۆشی كه‌س‌و كاری مردو شه‌هیده‌كانیش ده‌كات كه‌ ئه‌مه‌ش ره‌حمی خوایه‌ به‌رامبه‌ر به‌ موسڵمانان ، واته‌: ئه‌گه‌ر هات‌و كه‌سێك به‌ نه‌زانی گوناهێكی كرد هه‌ر كاتێك زانی‌و وازی لێ هێنا خوای گه‌وره‌ تۆڵه‌ی لێ ناسێنێت، ئینجا باسی یاسایه‌كی ترمان بۆ ده‌كات‌و ده‌فه‌رموێ:

(٩٤) ئه‌ی باوه‌ڕداران خوا تاقیتان ده‌كاته‌وه‌ به‌ شتێك له‌ باره‌ی نێچیره‌كانه‌وه‌ ئه‌و نێچیرانه‌ی كه‌ ده‌ستتان‌و سه‌ره‌ ڕمه‌كانتان پێیان ده‌گات، چونكه‌ بچوكن یان لاوازن تاكو خوا ده‌ری خا بۆ خه‌ڵك كه‌ كێ له‌ په‌نامه‌كی دا له‌ خوا ده‌ترسێت وكێیش لێی ناترسێت. چونكه‌ خوا خۆی ده‌زانێت كێ ده‌ترسێت‌و كێ ناترسێت لێی به‌ڵكو به‌م شێوه‌یه‌ ئه‌و زانینه‌ی خۆی ئاشكرا ده‌كات جا هه‌ر كه‌سێك ده‌ستدرێژی بكات دوای ئه‌وه‌ی كه‌ ئه‌و حوكمه‌ی بۆ هات‌و نێچیری قه‌ده‌غه‌ كراو راو بكات ئیتر بۆ ئه‌و هه‌یه‌ سزایه‌كی ده‌ردناك ئه‌مه‌ بۆ ئه‌و كه‌سانه‌یه‌ كه‌ ده‌چن بۆ حه‌ج‌و ده‌گه‌نه‌ كه‌عبه‌و له‌ ئیحرامی حه‌ج یان عومره‌دان هه‌روه‌ها ئیشاره‌یه‌كی تره‌ بۆ هه‌موو راوكه‌رێك ، چونكه‌ زۆر جار راوچی هه‌ر حه‌یوانێكی بۆ ده‌ربكه‌وێت راوی ده‌كات ئیتر نازانێت ئایا ده‌ستی ده‌كه‌وێت یان نه‌؟ یان له‌ حه‌یوان ده‌دات به‌ڵام له‌ به‌ر كه‌ژ نه‌زڕان یان هه‌ر هۆیه‌كی تر ناچێت سه‌ری ببڕێ‌و مردار ده‌بێته‌وه‌و كاتێ هه‌ستا ده‌یهێنێ‌و ده‌یخوات كه‌ ئه‌مه‌ حه‌رامه‌و نابێ بخورێت، ئینجا خوا جه‌زای ئه‌و نێچیرانه‌ی هه‌ردوو حه‌ره‌م (مه‌كه‌ومه‌دینه‌)باس ده‌كات‌و ده‌فه‌رموێ:

(٩٥) ئه‌ی ئه‌وانه‌ی كه‌ باوه‌ڕتان هێناوه‌ نێچیر نه‌كوژن له‌ كاتێكدا كه‌ ئیحرامی حه‌جتان به‌ستوه‌و هه‌ر كه‌سێك له‌ ئێوه‌ حه‌یوانێكی حه‌ره‌م به‌ ده‌ستی ئه‌نقه‌ست بكوژێت ئه‌وسانه‌وه‌ ده‌بێ تۆڵه‌ی بداته‌وه‌ به‌ حه‌یوانێكی وێنه‌ی خۆی له‌ حه‌یواناتی ماڵی بۆ نمونه‌ كابرا گایه‌كی كێوی كوشت ده‌بێ گایه‌كی ماڵی بدات له‌ تۆڵه‌ی دا جا هه‌ر كاتێ حه‌یوانێكی كوشت، ئه‌گه‌ر وێنه‌ی ئه‌و حه‌یوانه‌ بوو له‌ ناو حه‌یوانی خۆماندا ده‌بێ بیكڕێت‌و بیدات له‌ تۆڵه‌ی ئه‌و حه‌یوانه‌دا كه‌ دوو مرۆڤی دادپه‌روه‌ر له‌ خۆتان حوكمی پێ ده‌كات چ له‌و حه‌یوانانه‌ی كه‌ وێنه‌یان هه‌بێ یان نرخی ئه‌و نێچیره‌ له‌و حه‌یوانانه‌ی كه‌ وێنه‌یان نه‌بێت ئه‌وه‌ش ده‌بێ بگاته‌ كه‌عبه‌و له‌و شوێنه‌ی كه‌ حه‌یوانی تێدا سه‌ر ده‌بڕێت له‌وێدا سه‌ر ببڕێت‌و گۆشته‌كه‌ی دابه‌شكرێت خۆ ئه‌گه‌ر ده‌سه‌ڵاتی نه‌بوو حه‌یوانه‌كه‌ بكرێت یان حه‌یوانه‌كه‌ وێنه‌ی نه‌بوو ئه‌وه‌ تۆڵه‌كه‌ی خواردنی چه‌ند هه‌ژارێكه‌و ده‌بێ بدرێت یان له‌ جیاتی ئه‌و خواردنه‌ رۆژوو بگرێت بۆ مه‌نێك رۆژێك هه‌تا ئه‌وكابرایه‌ تۆڵه‌ی ئه‌و ئیشه‌ خراپه‌ی خۆی بچه‌ژێت خوای گه‌وره‌ خۆش ده‌بێت له‌وه‌ی كه‌له‌پێشدا كراوه‌و دوای ئه‌وه‌ هه‌ر كه‌سێك دژایه‌تی ئه‌م حوكمه‌ی كرد خوا تۆڵه‌ی لێ وه‌رده‌گرێت به‌و شێوه‌ی كه‌ له‌ پێشه‌وه‌ باسكرا ئه‌گه‌ر تۆبه‌ش نه‌كات له‌ رۆژی دوایشدا دوچاری سزا ده‌بێت‌و الله‌ زۆر زۆر به‌ هێزه‌و خاوه‌نی تۆڵه‌ سه‌ندنه‌وه‌یه‌و كه‌س ناتوانێ له‌ ده‌ستی ده‌ربچێت. ئینجا بۆ ئه‌وه‌ی بزانین كه‌ ئایا هه‌مو نێچیرێك له‌ سه‌ر ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ له‌ ئیحرامدایه‌ قه‌ده‌غه‌یه‌ یان جیاوازیان هه‌یه‌ ده‌فه‌رموێ:

(٩٦) حه‌ڵاڵ كراوه‌ بۆتان نێچیره‌كانی ده‌ریاو خوارده‌مه‌نیه‌كانی ئه‌وه‌ی كه‌ ئاوه‌كه‌ خۆی بیداته‌ لا مادام بۆنی نه‌كرتبێت كه‌ له‌زه‌تێكه‌ بۆ ئێوه‌و بۆ كاروانچیان ، واته‌: ئه‌گه‌ر كه‌سێك له‌ ئیحرامی حه‌ج دابێت‌و ماسی بگرێت تاوان نیه‌و حه‌ڵاڵه‌ بۆی، وه‌ حه‌رامه‌ له‌ سه‌ر ئێوه‌ نێچیری ده‌ره‌وه‌ی ئاو مادام له‌ ئیحرام دابن‌و بترسن له‌و خوایه‌ی كه‌ ئێوه‌ ده‌گه‌ڕێنرێنه‌وه‌ بۆ لای و حیسابتان له‌ گه‌ڵدا ده‌كات. پێغه‌مبه‌رﷺ ده‌فه‌رموێ: حه‌رامه‌

نێچیر بۆ ئەو کەسەی کە لەئیحرامدایە چ خۆی بیگرێ یان بۆی بگرن،واتە: ئەگەر کابرایەك کە لە ئیحرامی حەجدا نەبوو چوو حەیوانێك ڕاو بکات بۆ کابرایەك کە لە ئیحرام دا بوو ئەوە حەڵاڵ نیەو نابێ کابرای حاجی لەو گۆشتە بخوات چونکە بۆ ئەو ڕاوکراوە، بەڵام دروستە لە حەجدا شتی زیاندەر بکوژرێت وەکو مارو دووپشك ومشك و قەلەڕەشەو سەگی هار.

(٩٧) خوای گەورە کەعبەی داناوە کە ماڵێکی بەرێزوقەدەغە کراوە کەببێت بەهۆی ڕاپەڕاندنی بژێوی خەڵك و ڕێك وپێکی کارو باریان بۆ ئەوەی کە مەردوم هاتو چۆ بکەن و بژێوی خۆیان بە دەست بهێنن و ژیانی عائیلەی خۆیان دابین بکەن مانگە حەرامەکان و ئەو هەدیەی کە دەبرێ بۆ ئەو ماڵەو ئەو گەردن بەنانەی کە دەبنە هۆی پاراستنی حەیوانەکەو خاوەنەکەی لە دەست درێژی، هەموویان مایەی چاکتر کردن و بە هێزتر کردنی خەڵکی موسڵمانن بە گشتی و خەڵکی عەرەبن بە تایبەت ئەوەتە وڵاتێکی بێ دەرامەدو ڕەق و وشك بە بۆنەی ئەوانەوە خودا ئاوەدانی کردەوەو خەیرو بەرەکەتێکی زۆری وای ڕژاند بە سەریاندا ئەمڕۆ ئەوان لە تەواوی موسڵمانانی جیهان خاوەن سەروەت و سامانترن، دەی ئەوە دەبێ ببێت بە هۆی بیرو باوەری ڕاست و دروست بۆ هەموو مرۆڤێکی ژیر کەبیر بکاتەوەو بە چاکی دەسەڵات و هێزو زانایی و توانایی خوای خۆی بناسێت هەروەك لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ: ئەوەبۆ ئەوەیە کەئێوە بزانن کە بەبێگومان ﷲ ئەوەی کەلە ناو ئاسمانانندایەو ئەوەی لە ناو زەویدایە دەیزانێت، ئەوەتا لە ئاسمانەوە بڕیار دەدات کە دەبێ مرۆڤ ئاگای لە مانگی حەرام بێت وئاگای لەو هەدیەو گەردن بەن لە ملانەدا بێت و دەست درێژیان بۆ نەکەن و وا نەزانن کە بێ خاوەنن و ئاگاتان لێیان بێت چونکە بە بێگومان کە ﷲ بە هەموو شتێك زانایەو هیچ شتێك لە زانیاری ئەو دەرناچێت. هەروەها بۆ ئەو کەسەی کە لەوێیە بیر لە زەمزەمو کەعبەو شوێنەوارەکان بکاتەوەو لەخەوی بێ ئاگایی و دنیا پەرستی ڕزگاربببێت و ببێت بەجێگای ڕاپەڕینی خواناسان دژی نەفس پەرستی و دنیاویستی ، خوای گەورە ئەو جێگایەی وا دروست کردوە کە هەر کەسێك بچێتە ئەوێ و بە چاوی سەرودڵی ببینێت یەکسەر لە دەروونەوە ڕادەپەڕێت، جا بۆ سودی زیاتر دەڵێین: کاتێ کە ئیبراهیم(علیه‌السلام) تەشریفی هێنایە میسرو پاشای میسر زوڵمی لێ کردو سارا خاتونی لێ داگیر کرد ، بەڵام کاتێ کە ویستی تەعەدای لێ بکات سارا خاتون زۆر ڕوی خۆی لێ گرژ کردو ئەویش پشتی تێ کردو گوێی پێ نەداو چووە سەر جێگای خۆی و خەوت کە خەوی لێ کەوت لە خەودا پێیان وت: خێزانی ئەو کابرایە دەبێ تەسلیم بکەیتەوە ئەویش هەر لە خەو هەڵسا وتی: ئەم ئافرەتە ببەنەوە بۆ کابرای مێردی ئەمە چیە بۆ منتان هێناوەو ئافرەتێکی بە ناوی هاجەرەوە پێ بەخشی و وتی: من ئەم چەند سەعاتە ئازاری ڕوحی تۆم داوە ئەم ئافرەتەش بۆ تۆ هەدیە بێت تاکو خزمەتت بکات ئیبراهیم تا ئەو کاتە لەو خێزانەی کە ئامۆزای بوو هیچ منداڵی نەبوو تەمەنیشی زیاتر لە نەوەد ساڵ بووجاپاش ماوەیەك سارە خاتوونی خێزانی داوای لە ئیبراهیم کرد کە ئەم ئافرەتە من دەی بە خشم بە تۆو تۆ نیکاحی بکە لە خۆت بەڵکو منداڵێکمان بۆپەیدابیبێت بۆ هەردووکمان باشە ئیبراهیم لە سەرەتاوە پێی وت: ئەمە شتێکی چاك نیە لە دوایدا دەبێت بە هۆی ناڕەحەتی لە نێوانمان دا ئەویش زۆری لێ کرد کە ئەم ئیشە بکات دیارە خوای گەورە ئیرادەی وا بوەو وەحی کردە لای ئیبراهیم کە بە گوێ خێزانەکەی بکات ، ئینجا ئەو ئافرەتەی مارە کردو لە پاشان حامیلە بوو هەر لە گەڵ ئاشکرابونی حەملەکەیدا سارا خاتون ناڕەحەت بوو لە گەڵی و تاکو منداڵەکە بوو، هەر کە منداڵەکە پەیدا بوو وتی: نابێ بە هیچ شێوەیەك ئەو ئافرەتەو ئەو منداڵە لە شوێنێك بن کە من گوێم لە دەنگی ئەوان بێت، ئینجا خوای گەورە وەحی کردە لای ئیبراهیم و فەرموی: ببیەو دوری بخەرەوە

ئینجا ئیبراهیم هاجەرە خاتون و منداڵەکەی لە گەڵ هەندێك خۆراك کە لە توانای دا بوبێت لە گەڵ خۆی بردی و لە میسرەوە چوون بۆ ئەو شوێنە چۆڵاییەی کە هیچ کەسێکی تێدا نەبوو لە پاش دانانیان خۆی گەڕایەوە، کاتی گەڕانەوەی خێزانەکەی پێی وت: ئەی ئیبراهیم چی دەکەیت؟ ئینجا ئیبراهیم گوێی پێ نەداو گەڕایەوە لە پاشان هاواری کردو وتی: تۆ ئەگەر بەزەیت بە من دا نایەتەوە ئایا بەزەیت بە منداڵەکەی خۆتا نایەتەوە؟ ئیبراهیم هەرسور بوو لەسەر ڕۆیشتن لە دواییدا ئافرەتەکە باوەشی کرد بە لاقی ئیبراهیم دا بۆ ئەوەی کە نەڕوات دەڵێن: ئیبراهیم هەر ڕۆیشت لە پاشان وتی: ئەی ئیبراهیم ئەمە تۆ خۆت بڕیارت داوە کەبڕۆی یان خوای گەورە وای فەرموە کە وام پێ بکەیت؟ ئینجا ئیبراهیم پێی وت: خوای گەورە دەفەرموێ. جا ئیتر هاجەرە خاتون دەستی بەردا لە لاقی و وتی: بڕۆ مادام خوای گەورە ئەمری بە تۆ کردوە بێشك ئاگای لە منیش دەبێت و زایەمان ناکات بەڵێ ئیبراهیم ڕۆیشت جا هەندێك جار بە توندی دەڕۆیشت و جار

جاریش بە هێواشی لە دوای دا کە پرسیاریان لێ کرد وتی: کاتێ بیری ئەو مناڵەو دایکەکەیم دەکردەوە هێزم نەبوو بچم بە رێدا، بەڵام کاتێ کە ئەکەوتمەوە بیری ئەوە کە فەرمانی خوای گەورەیە بە توندی دەرۆیشتم نەوەك خوای گەورە لێم تورە ببێتو غەزەبم لێ بگرێت، ئینجا با لێرەدا ئیبراهیم بە جێ بهێڵین بەڵێ ئەم ژنو منداڵە لەوێ بە جێ مانو خواردنەوە تەواو بوو خۆراك نەما لە پاش ماوەیەك کە هیچ شتیان لا نەما منداڵەکە دەستی کرد بە گریان لە بەر برسیەتیو دایکیشی هیچی نەبوو بیداتێ هەتا دەڵێن: دەگریا بە سەری دا بەڵکو فرمێسکی چاوی بێتە خوارەو بکەوێتە دەمی منداڵەکەوە بۆ ئەوەی لە تینوی رزگاری بکات ، بەڵام دوای چەند رۆژێك فرمێسکیش نەماو مناڵ هەر دەگریا لە برسیاو لە تینواو دایکی لە حەیوەتی مناڵ لە لایەكو برسێتی خۆی لە لایەکی ترەوە وەقرەی نەدەگرتو نەیدەزانی چی بکاتو چاوی لە هەموو لایەك دەکرد تا بەڵکو جێگایەك یان کەسێکی چاو پێ بکەوێتو داوای فریاکەوتنی لێ بکات زۆری نوارِی، بەڵام بێجگە لەدوو تەپۆڵکەی بچوك هیچی بە دی نەکرد ناچار بە پەلە چوە سەر تەپۆڵکەی یەکەمیان کە ناوی سەفا بوو زۆر تەماشای ئەم لاو ئەو لای کرد هیچی نەدی تەنها ئەوە نەبێت کە لە سەر تەپۆڵکەکەی تر شتێکی دی وەکو ئاو وابوو کە پێی دەوترێت سەراب لە ناوچەکانی عەرەبستان لە کاتی گەرمادا لەدەشتاییەکاندا هەیە کە لە دورەوە وەکو ئاو وایە، بەڵام کە لێی نزیك بویتەوە هیچ نیە، ئینجا لە نێوانی ئەو دوو تەپۆڵکەیەدا حەوت جار هاتو چۆی کرد کە لە جاری ئاخردا دەنگێکی بەر گوێ کەوتو خۆی بە خۆی وت: بێ دەنگ بە ، ئینجا لە بەر خۆیەوە وتی: ئەگەر چاکەت لایە فریام بکەوە ئینجا دی زەلامێك لای مندالەکەیەو دی کەئیشارەتی بۆ دەکات کە بێتەوە لای منداڵەکەی دوای ئەوەی کە لە هەموو شت نائۆمێد بوو کاتێ هات زەلامەکە رۆیو چاڵێکی بچوکی لە خواری لاقی مناڵەکەوە کردبوو تەرِاییەکی تێدابوو ئەویش بە پەلە دەستی بردو هەندێکی لێ هەڵکەندو ئاو هەڵقوڵاو هاجەرە خاتون ئەم لاو ئەو لای دەگرتو ئاوی بە دەستی دەردەهێناو دەی خواردەوەو بە مناڵەکەشی دەدا وکوندەکەی لێ پرِ کرد. ئیبنو عەباس دەڵێ پێغەمبەرﷺ فەرموی: {يَرْحَمُ اللَّهُ أُمَّ إِسْمَاعِيلَ لَوْ تَرَكَتْ زَمْزَمَ أَوْ قَالَ لَوْ لَمْ تَغْرِفْ مِنَ الْمَاءِ لَكَانَتْ عَيْنًا مَعِينًا وَأَقْبَلَ جُرْهُمُ فَقَالُوا أَتَأْذَنِينَ أَنْ نَنْزِلَ عِنْدَكِ قَالَتْ نَعَمْ وَلَا حَقَّ لَكُمْ فِي الْمَاءِ قَالُوا نَعَمْ/رواه البخاري وغيره/ رەحمەتی خوا لە دایکی اسماعیل بێت ئەگەر وازی لێ بهێنایە یان فە رموی: ئەگەر ئاوی لێ هەڵنەگۆزایە زەمزەم ئەبوو بە چاوگەیەك وبۆهەمیشە ئاوی لە بەر دەرۆیی}

بەڵێ بە راستی هەر کەسێك خوا سەرپەرستی بکات لە ناو ناچێت، ئەو کاتە جێگای بەیت شوێنیکی کەمێ بەرز بوو لافاو دەهات لەم لاو لەولا ی دەبردو لە شوێنی ئەودا درەختێك بوو کە کاتی خۆی ئیبراهیم ئەوانی لە ژێر ئەو درەختەدا دانا بوو جا هەر بەم شێوەیە مانەوە تا کۆمەڵێك خەڵکی (جورهوم) لە خواروی مەکەوە دابەزینو چاویان بە هاتوچۆیەکی زۆری باڵندە کەوت وتیان: ئەو باڵندانە بە دەوری ئاوا دەسورِێنەوەو ئێمە تا ئێستا لەو شیوەدا ئاومان نەدیوە لە بەر ئەوە یەکێ یان دوانیان نارد بەرەو ئەو جێگایەی کە باڵندەکان تێیدا دەخولانەوە دییان ئەوە ئافرەتێکەو منداڵێکی لە گەل دایەو کانی ئاوێکیان لە لایەو چوونەوەو هەواڵەکەیان بەو کۆمەڵە خەڵکەدا ونەوانیش هاتنو کاتێ ئەو ئافرەتو منداڵەیان دی داوایان لە ئافرەتەکە کرد کە رێگایان بدات ئەوانیش ماڵی خۆیان بهێننە ئەو شوێنەو ئافرەتەکەش گفتی پێدان بەو مەرجەی ئاوەکە هەر لە دەستی خۆیدا بێت ئا بەم شێوەیە مەکەی ئێستا ئاوەدان کرایەوەو پاش ژنی دووهەمی ئیسماعیل لەو خێڵە ئیبراهیمی باوکی هات بۆ لایو بە یەك شاد بونەوەو وتی: دەمەوێ لەو شوێنە بەرزەدا ماڵێك دروست بکەمو ئیسماعیلیش بەڵێنی یارمەتی دانی دایەو دەستیان کرد بە دروستکردنیو ئیبراهیم وەستایەتی دەکردو ئیسماعیلیش بەر دەستی باوکی دەکرد تا دیواریان بەرز کردەوەو چوون بەردێکی گەورەیان هێنا تا ئیبراهیم لە سەری بوەستێتو باش دەستی بگاتە سەر دیوارەکەو خانویان تەواو کردو جێگای پێی ئیبراهیم لە سەر ئەو بەردە کەوت دەڵێن: هەتا سەردەمی پێغەمبەرمانﷺ هەر دیار بوو،

جا ئەو کەسەی کە بچێ بۆ حەجو بیر لە پەیدا بوونی زەمزەمو سەفاو مەروەو کەعبە بکاتەوەو بزانێ چۆن پەیدا بوونو چی کراوە لەو شوێنە داو چۆن خوای داناو ئاگا یارمەتی ئەو منداڵو ئافرەتەی داو لەو بارودۆخەوە کردنی بە هۆی ئەو ئاوەدانیە گەورەیە کە هەتا رۆژی قیامەت ساڵانە دەیان ملیون کەس سەر لەو جێگاو بارەگا پیرۆزانە دەدات بێ گومان باکی لە هیچ نابێو بێ ترس دەست بە ئایینی خۆیەوە دەگرێتو لە هیچ کۆسپێك سڵ ناکاتو مانای راستەقینەی ئایەتەکەی بۆ دەردەکەوێت کە بەراستی ژیانی راستەقینەی مرۆڤ بریتیە لە خوا پەرەستی کە بە ئەو سەفەرە بە نرخە بە هێزترو خاوێنتر

دەبێتەوە بەو مەرجەی بزانێ بۆچی دەچێت بۆ ئەو ماڵە پیرۆزە. کەوابوو پێویستە مرۆڤ خۆی بپارێزێت لە تاوانو خراپەکاری چونکە خوا ئاگای لێیەتیو تۆڵەی سەختی هەیە بۆ تاوانبارانو خراپە کاران وەك دەفەرموێ:

(٩٨) بزانن بێگومان ﷲ زۆر بە هێزو توندە تۆڵەکانی بۆ تاوانبارانو بێگومان ﷲ زۆر لێبوردەو بە بەزەییە سەبارەت بە بەندەکانی. جا پێویستە موسڵمانان زۆر ترسیان هەبێ لە خواو نائومێدیش نەبن لە چاو پۆشیو لێخۆشبونی، واتە: نابێ لە خۆیان بایی ببنو نابێ نائومێدیش ببن ئینجا دەفەرموێ:

(٩٩) ئەم پێغەمبەرەﷺ تەنها تەبلیغو گەیاندنی ئەوپەیامەی لە سەرە وﷲ دەزانێ بەوەی کە ئاشکرای دەکەنو ئەوەی کە دەیشارنەوەو هیچی لێ ون نابێ ، جا نە چاکە کاران بترسن بۆ لە ناو چوونو کەم بونەوەی چاکەکانیانو نە ستەمکاران دڵخۆشبن لە ستەمەکانیان چونکە خوا بە وردو درسی ئیشەکانیان ئاگادارە.

(١٠٠) ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: هەرگیز پیسو پاك وەکو یەك نین، واتە: باوەڕداران پاكو خاوێنن هەرچەند بە ژمارە کەم بنو بە رواڵەت لاوازو بێ دەسەڵات بن هەر ئەوان چاکن ، چونکە پاکن بەڵام بێ باوەڕان پیسن هەر چەند لە ژمارەدا زۆر بنو بە رواڵەت بە هێزو بەدەسەڵات بن کەوابوو وەکو یەك نین ئەگەر چی لە زۆری پیسەکە سەرت سوڕ بمێنێت، خوا پاکەو بێجگە لە پاکی ناوێ دەی لە خوا بترسن ئەی خاوەن عەقڵەکان بەڵکو رزگار ببن. ئینجا خوای گەورە تەمیەی خاوەن باوەڕان دەکاتو دەفەرموێ:

(١٠١) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە پرسیارلەبارەی شتانێك مەکەن کەئەگەر ئاشکرا بکرێت بۆتان خەمبارتان بکاتو پێتان ناخۆش بێت ، وە ئەگەر پرسیار لەو شتانە لە کاتێکدا بکەن کە قورئان دادەبەزێت بۆتان ئاشکرا دەکرێ بەڵام خوای گەورە چاوپۆشی کردوە لەو شتانەو ئێوەش هەوڵ نەدەن بۆ ئەوەی باس بکرێت بۆتان ، وە خوای گەورە لێبوردەو زۆر بە حەوسەڵەیە.. ئەبو هورەیرە دەڵێت :پێغەمبەری خوا ﷺ رۆژێك هاتە دەرەوە کە تورە بوو دەمو چاوی سور هەڵگەڕا بوو هەتا چووە سەر میمبەرو پیاوێك وتی: باوکم لە کوێیە؟فەرموی: {فی النّار/ لە ناو ئاگردایە} یەکێکی تر وتی: کێ باوکمە؟ فەرموی:{أبوك حذافة/ باوکی تۆ حوزافەیە} ئیتر عومەری کوڕی خەتتاب هەستاو وتی: رازین کە ﷲ پەروەردگارمانەو ئیسلام ئاینمانەو محمدﷺ پێغەمبەرمانەو قورئان پێشەوامانەو ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمە زۆر نیە لە نەزانیو شیرك وازمان هێناوەو خوا دەزانێ کێ باوکامانە ، ئیتر پێغەمبەرﷺ رقچونەکەی نەماو ئەم ئایەتە دابەزی ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَسْـَٔلُوا۟ عَنْ أَشْيَآءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ ... ﴾ عەلی دەڵێ کاتێ ئایەتی ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا / پێویستە لەسەرخەڵك مادام توانای رێگای هەبێت کە حەج بکات ﴾ دابەزی وتیان: ئەی پێغەمبەری خواﷺ هەموو ساڵێك؟ بێ دەنگ بو هەم وتیان: هەموو ساڵێك؟ فەرموی: {لَا وَلَوْ قُلْتُ نَعَمْ لَوَجَبَتْ فَأَنْزَلَ اللَّهُ ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَسْـَٔلُوا۟ عَنْ أَشْيَآءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ ﴾ /رواه الترمذي وصححه الألباني/ نەخەیر، خۆئە گەر من بم وتایە بەڵێ واجب دەبوو ئینجا خوا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَسْـَٔلُوا۟ عَنْ أَشْيَآءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ ﴾

لێرەدا وشەی غەفوری بە کار هێناوە تا ئەگەر کابرا تاوانێکی کرد نائومێد نەبێ خوای گەورە بە سۆزەو لێ خۆشبوە وە سیفەتی حەلیمی بە کار هێناوە واتە بە حەوسەڵەیەو پەلە ناکات لە تۆڵە سەندنەوەدا ئێوەش هەروا لە سەر خۆتان بنو ورد ببنەوە لە قسەکانتانو قسەو پرسیاری بێ جێو بێ سود نەکەنو پرسیاری بێ سودیشتان لێ کرا لە سەر خۆو بە حەوسەڵە بن، بەڵێ ئەگەر چی تازە ئەحکام ناگۆڕێو قورئان دانابەزێ، بەڵام پێویستە موسڵمانان لە پرسیار کردنی بێ سوود خۆیان بپارێزنو باسی نەکەن. ئینجا دەفەرموێ:

(١٠٢) بە راستی گەلێك لە پێش ئێوەدا پرسیاریان کرد لە پاشان بێ باوەڕ بوون پێی. بەڵێ لە هەر سەردەمێکدا کە داوای شتیان کرد بێتو خوا بۆی ئەنجام دابنو لە پاشان هەر لە سەر رەوشتی خراپو بێ باوەڕی خۆیان چوبن خوا تۆڵەی لێ وەرگرتونو سزای داون جا هەر گەلێك بە جۆرێك یەکێ بە بارانو یەکێ بە باوو یەکێ بە خنکاندن. ئینجا نەریتێکی تری نەفامەکان هەڵدەوەشێنێتەوەو دەفەرموێ:

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَىٰ مَا أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُوا
حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ
شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ (١٠٤) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ
لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهْتَدَيْتُمْ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (١٠٥) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا شَهَٰدَةُ
بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ حِينَ ٱلْوَصِيَّةِ ٱثْنَانِ ذَوَا
عَدْلٍ مِّنكُمْ أَوْ ءَاخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي ٱلْأَرْضِ
فَأَصَٰبَتْكُم مُّصِيبَةُ ٱلْمَوْتِ تَحْبِسُونَهُمَا مِنۢ بَعْدِ ٱلصَّلَوٰةِ
فَيُقْسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرْتَبْتُمْ لَا نَشْتَرِي بِهِۦ ثَمَنًا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ
وَلَا نَكْتُمُ شَهَٰدَةَ ٱللَّهِ إِنَّآ إِذًا لَّمِنَ ٱلْـَٔاثِمِينَ (١٠٦) فَإِنْ عُثِرَ عَلَىٰٓ
أَنَّهُمَا ٱسْتَحَقَّآ إِثْمًا فَـَٔاخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا مِنَ ٱلَّذِينَ
ٱسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْأَوْلَيَٰنِ فَيُقْسِمَانِ بِٱللَّهِ لَشَهَٰدَتُنَآ أَحَقُّ
مِن شَهَٰدَتِهِمَا وَمَا ٱعْتَدَيْنَآ إِنَّآ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ (١٠٧) ذَٰلِكَ
أَدْنَىٰٓ أَن يَأْتُوا بِٱلشَّهَٰدَةِ عَلَىٰ وَجْهِهَآ أَوْ يَخَافُوٓا أَن تُرَدَّ أَيْمَٰنٌۢ بَعْدَ
أَيْمَٰنِهِمْ وَٱتَّقُوا ٱللَّهَ وَٱسْمَعُوا وَٱللَّهُ لَا يَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ (١٠٨)

(١٠٣) خوا بەحیرەو سائیبەو وەسیلەو حامی دانەنابوونەمانە خۆیان دایان نابوون، نەدەبوو کەس لەوانەسود وەربگرێت کە ئەمە قسەیەکی درۆ بوو بە دەمی خوداوە دەیانکردو زۆربەی ئەوان نافامن. عائیشە (رەزای خوای لێ بێت) دەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: {رَأَيْتُ جَهَنَّمَ يَحْطِمُ بَعْضُهَا بَعْضًا وَرَأَيْتُ عَمْرًا يَجُرُّ قُصْبَهُ وَهُوَ أَوَّلُ مَنْ سَيَّبَ السَّوَائِبَ/ تفرد به البخاري/ چاوم بە جەهەنەم کەوت کە هەندێکی هەندێکی دەهاڕی‌و چاوم بە عەمر کەوت کە ریخۆڵەکانی خۆی دەکێشا بە شوێن خۆیدا ، وە ئەو یەکەم کەس بوو کە (سائبة) واتە نەزری بۆ بت داهێنا عەمری کوڕی لوحەیی کوڕی قەمەعە یەکێك بوو لە سەرۆکەکانی تیرەی خوزاعە ئەوانەی کە پاش جورهومیەکان بوون بە سەرپەرستی (بەیت)و ئەو یەکەم کەس بوو کە ئایینی ئیبراهیمی گۆڕی‌و بتی هێنایە حجازو داوای لە خەڵکی سادە لەوح کرد کە بیان پەرستن‌و یاسایەکی نەفامی بۆ دانان سەبارەت بە حەیواناتو بێجگە لە حەیوانات. وەك خوای داناو ئاگا لە سورەتی (الانعام) لە ئایەتی ١٣٦_١٣٩/ باسی دەکات. (بحيرة) ئەو وشترەیە کەئەگەر پێنج سکی بکردایەو سکی پێنجەمیان نێر بوایە سەریان دەبڕی‌و پیاو ژن لێی دەخوارد بەڵام ئەگەر مێ بوایە گوێیان ئەبڕی‌و ئەیان وت: ئەمە بەحیرەیە (السائبة) موجاهد دەڵێ(سائبة) لە مەڕە هەروەکو بەحیرە بەو جیاوازیەی کە ئەگەر تا شەش سك یەك جۆر بوایە نێر یان مێ حەوتەمیان ئەگەر نێر بوایە یەکێ یان دوان بوایە سەریان دەبڕی‌و تەنها پیاوان ئەیانخواردو بەشی ئافرەتانیان لێ نەدەدا

٢ـ محمدی کوری اسحاق دەڵێ: سائیبە بە وشترێ دەڵێن کە دە، سکی مێی بکردایەو نێریان لە بەینا نەهاتایە ئەمە ئیتر سائبە بوو نەدەبو کەس سواری ببێت یان کورکەکەی ببڕێ یان شیرەکەی بدۆشێ.٣ ـ دەڵێن: ئەگەر پیاوێك بچوایە بۆ ئیشێك‌و بۆی جێبەجێ بکرایە وشترێك یان حەیوانێکی تری دەکرد بە (سائبة)و دای دەنا بۆ بتەکان‌و هەرچی ببوایە دەبوایە لەو بتانە دا خەرج بکرایە

٤ـ سوددی دەڵێ: ئەگەر پیاوێك پێویستیەکی بۆ جێ بە جێ بکرایە یان لە نەخۆشیەك چاك بوایەوە یان ماڵی زۆر بوایە شتێکی لەو ماڵە دادەنا بۆ بتەکان‌و هەر کەسێ دەست درێژی بۆ بکردایە تۆڵەی سەختی لێ دەسەنرایەوە لە دنیادا (الوصيلة) ئیبنو عەباس دەڵێ: بریتیە لەوەی کە ئەگەر حەیوانێك حەوت سکی بکردایە تەماشای سکی حەوتەمیان دەکرد ، جا نێر بوایە یان مێ ئەگەر مردو بوایە هەر بۆ پیاو بوو نەیان دەدا بە ئافرەت وە ئەگەر مێ بوایە وازیان لێ دەهێناو ئەگەر نێرو مێ بوایە بە یەك سك دیسان وازیان لێ دەهێناو دەیان وت:خوشکەکەی پێی گەیشتوەو حەرامی کردوە لە ئێمە سەعیدی کوری موسەیب دەڵێ: (وصيلة) لە وشتر بوو ئەگەر یەکەم سکی مێ بوایە وە سکی دوهەمی هەر مێ بوایە دەیان وت: دوو مێی لکاند بە یەکەوەو نێریان لە بەینا نەبووە دەهاتن گوێیان دەبڕی‌و بەرەڵایان دەکرد بۆ بتەکانیان. محمدی کوڕی ئیسحاق دەڵێ: لە مەڕ بوو ئەگەر بە پێنج سك دە مێی ببوایە بە جوتە ناویان دەبرد بە (وصيلة) و وازی لێ دەهێنرا پاش ئەوە هەرچی ببوایە چ نێر چ مێ هی پیاوان بوون ئافرەت بێ بەش بون لێی وە ئەگەر بمردایە هەردوو هاوبەش دەبوون تێیدا. (حام) عەوفی دەڵێ: ئیبنو عەباس وتی: ئەگەر نێرێك دە جار بپەڕیایە پێی دەوترا (حام)و وازی لێ

دەهێنرا. عەلی کوڕی ئەبی تەلحە لە (ابن عباس)ەوە دەڵێ: (حام) لە وشترەو وەختێ کە بەچکەی بەچکەیی ببێ دەیان وت: ئەمە ئیتر پشتی خۆی پاراستوەو نابێ شتی لێ بار بکرێت وە نابێ کورکەکەی ببڕن وە نابێ لە هیچ لەوەڕگایەك دەربکرێتو لە هیچ ئاوێك بەرگری بکرێت ئەگەر چی هی خاوەنەکەیشی نەبوایە ئەمەی باسکرا مانای ئەو چوار ووشە بوو، وە مانای تری کراوە کورتەی قسە ئەوەیە کە هەر جۆرە بڕیارو یاسا دانانێك مادام بڕیاری خواو پێغەمبەریﷺ لە سەر نەبێت حەرامەو تاوانەو پێویستە خاوەن باوەڕان خۆیان لێ دوور بخەنەوە بەڵکو دەبێ دژایەتیشی بکەن، چونکە هەر جۆرە یاسا دانانێك دژایەتی خوایەو کوفرە مادام ئەو یاسایە لە قورئانو حەدیسدا دەرنەهێنرابێت ئەمانەی ئێرە چەند شتێکی تایبەتین لەو مانا گشتیەی کە لە پێشەوە فەرموی ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ﴾ المائدة: ٤٤، ٤٥، ٤٧

وە ئایەتی ﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُ﴾ الأعراف: ٥٤ وە چەندین ئایەتی تر کەخوای خاوەن دەسەڵات وزانا ئەو بت پەرستانە بە درۆ دەخاتەوەو یاساکانیان هەڵدەوەشێنێتەوەو دەفەرموێ: کە ئەوانە درۆزنو کەڵەك چینو کەس مافی ئەوەی نیە کە ئاوا بڕیارێك بداتو بڕیار دەران بە کافر دائەنێتو دەفەرموێ: جا بەراستی ئەوانەی کە کافرن درۆ بە دەمی خواوە هەڵدەبەستنو زۆربەی ئەو کافرانە بێ عەقڵو نەزانن :

(١٠٤) هەر کاتێك پێیان بوترێت وەرن بۆ لای ئەوەی کە خوا رەوانەی کردوە وە بۆ لای پێغەمبەر ﷺو بە گوێی بکەن دەڵێن: بەسمانە ئەوەی کە بابو باپیرانمان کردویانەو ئێمەش هەر ئاوا دەکەین خوای گەورە دەفەرموێ: ئایا هەر بە گوێی باوکانیان دەکەن ئەگەر چی باوکانیان هیچیان نەزانی بێتو رێگای حەقیان نەدیبێتەوە؟ هەروەك ئێستای خۆمان کاتی خۆی مەلا کەم بوە لە (١٠) گوندا مەلایەك هەبوە ئینجا ئەو مەلایەش ئەگەر گەڕابێت یان شتێکی کەمی پرسیار لێ کرابێت واتە شتی ئایینی بە زۆری نەزانراوەو زۆر شتی داهاتویش هاتوەتە ناو خەڵکەوە بە ناوی ئاینەوەو رەواجی پەیدا کردوەو کەسێکی واش نەبوە بە سەر هەموو شتەکاندا گەیبێتو بۆ خەڵکی روون کردبێتەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێستا زانیاری ئایینی بە چاکی بڵاو بوەتەوەو زانای باش پەیدا بوە هەتا وای لێ هاتوە نەك هەر گوندێك بەڵکو هەر بنەماڵەیەك بەڵکو هەر ماڵێك نەفەرێکی زانای تێدایە کە لە دینی خوا شارەزا بێتو ئەگەر کابرا ئارەزۆی ئایین ناسین بکات هەر زۆر زوو ئایین دەناسێتو راستو ناراست لە یەك جیا دەکاتەوە هەندێك دەڵێن: دەی بۆ بابو باپیرانمان شتی وەهایان نەوتوە یان نەکردوە ئایا ئەوان نەزانو نەفام بوون؟ بەڵام لە راستیدا ئەمانە خۆیان نەفام دەکەن ئەگینا دەزانن راستو ناراست کامەیەو بەهانەی قیامەتیان نەماوەو درۆیش دەکەن کە دەڵێن: ئێمە هەر بەڕێو شوێنی باو باپیرانمان دەڕۆینو لە قسەیان دەرناچین، چونکە ئەگەر بە قسەی باب وباپیریان بکردایە ئارەقەیان نەدەخواردو سەحنیان نەدەکرێو قوماریان نەدەکردو ژنو خوشكو کچی خۆیانیان رووت نەدەکردەوە بۆ خەڵكو دەیان رەوشتی پیسی تر کە کاتی خۆی بابو باپیرانمان زۆر لێی دوور بوون کەچی ئەمڕۆ دەیانکەن؟!! کەوابوو ئەمانە درۆ دەکەنو بە قسەی بابو باپیرانیشیان ناکەن تەنها لە شتی پڕو پووچو داهاتودا کە ئەوەش تاوانە بە گوێی بابو باپیرانیان دەکەن ، کەلەراستیدا ئەوەش بەلگەی بێ باوەڕیو لادانی خەڵکە لە ئایین، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(١٠٥) ئەی خاوەن باوەڕان ئاگاتان لە خۆتان بێتو خۆتان بپارێزن لە تاوانو خراپەکاری زیان ناگەیەنێت بە ئێوە ئەو کەسەی کە خۆی گومڕا بوە ئەگەرئێوە شارەزابن، ئێوە هەمووتان بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە جا ئەو کاتە خوا خەبەرتان پێ دەدات بەوەی کە کردوتانە. ئەم ئایەتە بەرواڵەت وا دەگەیەنێت کە کەس کاری بە کەس نەبێت هەر کەس بۆ خۆی خەریکە ، دەڵێن: ئەبوبەکر هەستاو حەمدو سەنای خوای کردو وتی: ئەی خەڵکینە ئێوە ئەم

ئایەتە دەخوێننەوەو بە شێوەی خۆی مانای ناکەن بە راستی من بیستم لە پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: {إِنَّ النَّاسَ إِذَا رَأَوْا الْمُنْكَرَ لَا يُغَيِّرُونَهُ أَوْشَكَ أَنْ يَعُمَّهُمْ اللَّهُ بِعِقَابِهِ /رواه الترمذی وابن ماجه، صححه الألباني / بە بێگومان خەڵك هەر کاتێ خراپەیان دیو بەرگرییان نەکرد نزیکە خوای دەسەڵاتداریو باشکۆ تۆڵە لە هەمویان وەرگرێت }.
سەعیدی کوری موسەیب دەڵێ: ئەگەر فرمانی چاکە کردنت داو بەرگریت کرد لە خراپە ئەوە ئیتر زیانت پێ ناگەیەنێتو ئەو کەسەی کە گومرا بوە ئەگەر تۆ خۆت هیدایەت دارو رێگای راستت گرتبێ ئاشکرایە وەختێك بە هیدایەت دراو دادەنرێت کە پەیڕەوی لە قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەرﷺ بکات کە بەشێکیان پەیوەندی بە فرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپەوە هەیە دیارە ئەگەر ئەممەت کرد ئیتر تاوانی تاوانباران نایەتە سەر شانی تۆ، بەڵام ئەگەر نەتکرد لە تاوانی ئەو تاوانبارانە بێ بەش نابیت ئەوان لە بەر تاوانەکەیانو تۆ لە بەر بێ دەنگیت ئینجا خوای گەورە یاسای وەسیەت کردنی کاروانچیمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(١٠٦) ئەی ئەوانەی کەباوەڕتان هێناوە شایەتی دان لەناو خۆتاندا لە کاتی وەسییەتی سەرەمەرگدا دەبێ دوو کەسی خاوەن داد لە خۆتان کەموسڵمان بێت یان دوو کەسی تر کە لە خۆتان نەبن واتە خەڵکی لای خۆتان نەبن یان موسڵمان نەبن ئەگەر ئێوە لەکاروان بوون جا مەرگ یەخەی گرتنو وەسییەتتان لەلا کردن ، جا ئەگەر خاوەن مردوەکە گومانی بوو لەو وەسیەت بۆ کراوانە دەبێ ئەوان رابگرن لە دوای نوێژی عەسر ئەوساسوێند بخۆن بە خوا لە بەر چاوی خەڵكو بڵێن ئەگەر ئێوە گومانتان هەیە لە بارەی ئێمەوە هەرگیز ئێمە ئەم شایەتیەی خۆمان ناگۆڕین بە هیچ بەهرەیەك ئەگەر چی ئەو گۆڕینیشە بەسوودی خزمی زۆر نزیکیشمان بێتو ئێمە شایەتی خوا ناشارینەوە چۆن بوە هەر ئاوەها بۆتان باس دەکەین جا ئەگەر ئێمە حەقمان شارد بێتەوە ، بێگومان کە ئێمە لە گوناهبارانین. ئیتر ئەمانە بەم شێوەیە سوێند دەدرێن، بەڵام ئەگەر هاتو سوێندیان خواردو لە پاش دا دەرکەوت کە درۆیان کردوە ئەوە بەم شێوەیە دەبێ کە پاش باسکردنی هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە باسی دەکەین. دەگێڕنەوە کاتێك کە دوو نەفەر وەسیەتیان لاکرا بوو کابرای وەسیەت کەر چەند شتێکی پێ بوو یەکێك لەوانە شتێکی بە نرخ بوو کە بای هەزار درهەم بوو ئەو شتە بە نرخە نەمابوو، چونکە کابرا بەر لەوەی وەسیەت بکات هەموو کەلو پەلەکەی نوسیبوو خستبویە ناو بارخانەکەیو ئەو دوو نەفەرە بە ناوی (تەمیمی داریو عەدی کوری بەدا) کە هێشتا هەر گاور بوون بەو نامەیان نەزانی بوو خاوەن حەقەکانیش پرسیاریان لێ کردبوو ئایا بودەیلی کوڕی ئەبو مەریەم(کابرای مردو) هیچی فرۆشتوە وتیان: نەخێر پاش ماوەیەك ئەو شتە بە نرخە جامێکی زیو بوو لای زەرنگەرێك ناسیانەوەو کابرای زەرنگەر وتی: لەوانم کڕیوەو ئەوانیش وتیان: بەڵێ هی ئەو بوە، بەڵام ئێمە لێمان کڕیوە ئینجا خاوەن مافەکان کێشەکەیان هێنایە خزمەت پێغەمبەرﷺ ئێستا ئەوان ئیدعا دەکەن کە کڕیویانەو خاوەن مافەکان ئینکار دەکەنو ئیتر بە گوێرەی(أَنَّ الْبَيِّنَةَ عَلَى الْمُدَّعِي وَالْيَمِينَ عَلَى الْمُدَّعَى عَلَيْهِ) داوای شایەت لە کاسە بەرەکان دەکرا ئەوانیش شایەتیان نەبوو ئینجا سوێند خواردن لە سەر واریسی بودەیل بووکە بەم شێوەیە ئەوانیش سوێند دران کەدەفەرموێ:

(١٠٧) جا ئەگەر دەرکەوت کە ئەو دوو کەسەی یەکەم دوچاری تاوان بوون بە هۆی ئەوەوە کە شایەتیەکەیان راست نەبوە دوو نەفەری تر دەبێ بهێنن لە شوێنی ئەوانەدا بوەستن دوای نوێژی عەسر لە مزگەوتا لەو نەفەرانە کەوا ئەم دوانەی ئەوەڵ ماڵەکەیان بۆ هێنابونەوەو نزیکترین خزمی کابرای مردوو ئەو دوو کەسە دێننو لە جێگای ئەواندا دەوەستن ، ئەوسا سوێند دەخۆن بە خوا کە بە الله شایەتی ئێمە شیاوترە لە شایەتیەکەی ئەوان کە لە پێشەوە دایانو ئێمە نامانەوێ دەست درێژی بکەین، چونکە بەڵگەی رۆشنمان هەیە ، جا ئەگەر هاتو ئێمە دەست درێژی بکەین، بێگومان کە ئێمە لە ستەمکارانین، ئینجا دەبێ ئەو ماڵە لەو دوو شایەتەی ئەوەڵ کە وەسیەتیان لا کرابو وەربگیرێتەوەو بدرێت بەم

دووانەکەی تر کە خزمی نزیکی مردووەکەن. ئینجا خوای داناو ئاگا دەفەرموێ:

(١٠٨) ئەم ڕێگایە نزیکترە بۆ ئەوەی شایەتیەکان هەموویان لە ڕێگای خۆیانەوەو بەشێوەی ڕاستو دروست جێ بە جێ بکرێن چونکە ئەگەر کابرا زانی ئەم ترسە گەورەیە هەیە، ئیتر ناتوانێ درۆ بکات یان خیانەت بکات یان تا بترسن کە سوێندەکەیان بە سوێند بەر پەرچ بدرێتەوە تا هەر لە ئەوەڵەوە درۆ نەکەن. ئینجا دەفەرموێ: لە خوا بترسنو گوێ بگرن لە فرمانەکانیو خوای گەورە گەڵ فاسق ڕێنمای ڕێگای ڕاست ناکاتو نایگەیەنێت بەخۆشبەختی ،ئینجا خوای گەورە لەم ژیانەوە بەرەو مەحشەرمان دەباتو دەفەرموێ:

(١٠٩) ئەو ڕۆژەی کە خوای گەورە هەمو پێغەمبەران کۆ دەکاتەوە کە ڕۆژی قیامەتەو دەفەرموێ: چۆن وەڵام درانەوەو چیتان لە گەڵدا کرا؟ دەڵێن: خوایە ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەو بارەوە نیە بە بێگومان تۆ هەرخۆت زانای هەموو نهێنیەکانیو هەر خۆت دەزانی چییان کردوەو چۆن وەڵاممان دراوەتەوە ، ئەمە مانای ئەو نیە کە ئەوان هیچ نازانن بەڵکو ئەمە بەڵگەی ئەدەبی پێغەمبەرانە سەبارەت بەپەروەردگاری جیهان، وەئەوان هەمو شتێکیش نازانن لە فەرمودەی حەوزی کەوسەردا هاتوە کە فریشتەکان ڕێگا لە هەندێ کەسی ئۆممەتی پێغەمبەرمان ﷺ دەگرنو نایەڵن بێنە سەر حەوزەکەوە ئاو بخۆن لەوەڵامی تکای پێغەمبەرماندا ﷺ دەڵێن: تۆنازانیت ئەوان چییان داهێنالەپاش تۆ ئەویش دەفەرموێ: دوریان بخەنەوە دوریان بخەنەوە، بەڵام بە گشتی ئاگادارن وەکو لەو فەرمودە دا کە دەڵێ ڕۆژێ دوو جار بەیانیانو ئێواران کردەوەی ئۆممەتکەی پێ پیشان دەدرێت کە بە چاکەمان کەیف خۆش دەبێتوبە خراپەکانمان نارەحەت دەبێت، بەڵام لە دادگای خوادا ناتوانن بڵێن چۆنیان کردوەو چۆن بوون لەگەڵ پێغەمبەراندا هەتا خوای گەورە پێیان نەڵێت و ئیجازەیان پێ نەدات ، ئینجا هەر کەس چی دەزانێت دەڵێت بەڵێ بەڕاستی ئەو کاتە کاتێکی ئەوەندە سەختە پێغەمبەران توانای قسە کردنیان نابێو هەر پێغەمبەرێك

۞ يَوْمَ يَجْمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبْتُمْ ۖ قَالُوا۟ لَا عِلْمَ
لَنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ (١٠٩) إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ
ٱذْكُرْ نِعْمَتِى عَلَيْكَ وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ إِذْ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ
ٱلْقُدُسِ تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِى ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا ۖ وَإِذْ عَلَّمْتُكَ
ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ ۖ وَإِذْ تَخْلُقُ
مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ بِإِذْنِى فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًۢا
بِإِذْنِى ۖ وَتُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ بِإِذْنِى ۖ وَإِذْ تُخْرِجُ
ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِى ۖ وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَنكَ إِذْ
جِئْتَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ
مُّبِينٌ (١١٠) وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى ٱلْحَوَارِيِّۦنَ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِى
وَبِرَسُولِى قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَٱشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ (١١١) إِذْ قَالَ
ٱلْحَوَارِيُّونَ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن
يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ۖ قَالَ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ إِن كُنتُم
مُّؤْمِنِينَ (١١٢) قَالُوا۟ نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا
وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ (١١٣)

بێجگە لە پێغەمبەرمانﷺ لە بیری ڕزگاربوونی خۆیدایەو بەس، ئینجا خوای گەورە داستانی عیسامان بە کورتی بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(١١٠) ئەی محمدﷺ باس بکە ئەو کاتەی کە خوا فەرموی: بە عیسای کوڕی مەریەم یادی ئەو هەموو نیعمەتانەی من بکە کە داومە بە تۆو بە دایکت لەوانە هەڵبژاردنی تۆ بە پێغەمبەرو پاکانە کردن بۆ دایکتو خۆشەویستکردنی هەردووتان لای خاوەن باوەڕانی ڕاستەقینەو چەندین نیعمەتی گەورەی تر لەوانە بە هێز کردنو یارمەتی دانت، بیربکەرەوە لەوکاتەی کە تۆمان بە هێز کردو یارمەتیمان دایت بە ڕوحێکی پیرۆز کە بەو ڕوحە بوو دەتتوانی مرۆڤێکی مردو زیندوو بکەیتەوە کە تۆ قسە دەکەیت لە گەڵ خەڵکدا لە ناو بێشکەداو هەمان قسە دەکەیت کە بوی بە پیاوی تەواو ئەوە بوو ئەو کاتە کە لە بێشکەدا بو مەریەمی دایکی هێنایەوە ماڵەوەو لێیان پرسی ئەو منداڵەت لە کوێ هێنا؟ ئەویش قسەی بۆ نەکراو هێمای

کرد بۆ لای عیسا عیسایش وتی:﴿من بەندەی خوام‌و کتێبی پێ داوم‌و کردومی بە پێغەمبەر﴾ مریم/٣٠. ئەمە لەو کاتەدا بوو کە تازە لە دایك بوە هەر بەو شێوەیەکە گەیشت بە تەمەنی پیاوێکی گەورە لەو حالەتەش دا هەمان قسەی پێشووی کرد کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژیری عیسا لە کاتی لە دایك بونی بەو پلە گەیشتوە کە لە پیری دا خەڵکانی تر پێی دەگەن، وە بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە من تۆم فێری کتێب‌و دانایی‌و تەورات‌و ئینجیل کردوە بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە تۆ لە قوڕ شتی وەکو باڵندەت دروست کرد بە ئیزنی من ، جا فوت پێیدا دەکرد بە ئیزنی من دەبوو بە باڵندەیەك‌و دەفڕی‌و تۆ ئەو کەسەی کە کوێری زکماکی‌و ئەوانەی کە دوچاری نەخۆشی بەڵەکی بوون بە ئیزنی من چاکت دەکردنەوە ، وە بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە تۆ دەت توانی لە ناو قەبرەکاندا مردو دەربهێنی‌و زیندوی بکەیتەوە بە ئیزنی من، وە بیر بکەرەوە لەو کاتەی کەوا من بەرگری جولەکەکانم کرد لە تۆ ئەو کاتەی کە تۆ بە چەندین نیشانەی ئاشکرا هاتبویتە لایان کەچی ئەوان هاتن بۆ کوشتنی تۆو من تۆم لە دەستی ئەوان پاراست‌و یەکێکی تریان کوشت ، وەك لە سورەتی النسا /١٥٨ دا باسکراوە ئەوسا کاتێك کە تۆ بەو نیشانە ئاشکرایانە هاتیتە لای ئەوان جوەکان دەیان وت: ئەمە بێجگە لەجادوویەك یان جادوگەریەکی ئاشکرا شتێکی تر نیە، وە ئەم وشەیە بە ﴿ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾ خوێندراوەتەوە.

لە هەموو سەردەمێکدا چی زۆر گرنگ بووە ئەو پێغەمبەرانە لەو ڕێگاوە هاتوون بۆ گەیاندنی پەیامی خوا بە خەڵك بۆ نمونە لە زەمانی موسادا سیحر لە هەموو شتێکی تر زیاتر ناوی بوە خوا شتێکی بە موسا داوە کە ئەو سیحرانە هەڵوەشێنێتەوەو لە زەمانی عیسا دا (پزیشك سالاری) ڕەواجی هەبووە خوا هێزی زیندو کردنەوەو چارەسەری چەند نەخۆشی بێ دەرمانی بە عیسا داوەو لە زەمانی پێغەمبەرمان دا (صلوات الله وسلامه علیه وعلی سائر اخوانه من المرسلین) ڕەوان بێژی باو بوەو پەیامەکەی خوا هەروەکو پەیامی ڕێ پێشاندان‌و خۆشبەختی هەمیشەیی مرۆڤە لەو بوارەشدا دەستی باڵای هەبوەو کەس نەیتوانیوە وەکو بچوکترین سورەتی ئەو بهێنن‌و تا قیامەتیش ئەومیان بۆ ناکرێت ، لێرەدا کە باسی پرسیارو وەڵامی قیامەتی کرد بە تایبەت لە ناو پێغەمبەران دا عیسای باس کرد، چونکە خەڵکێکی زۆر عیسا بە خوا دەزانن لە بەر ئەوە عیسا لە بەر چاوی ئەواندا ئەم پرسیارانەی لێ دەکرێت تا دەرکەوێت کە خوا نیە، چونکە ئەگەر خوایە بۆ پرسیاری لێ دەکرێت؟ وە وشەی (باذنه) چەند جار دوبارە کراوەتەوە تا دەرکەوێت کە عیسا ئەمانەی بە ئیزن‌و ئارەزۆی خوا بووە ئەگینا عیساش هەر بەندەیەکی خوایەو ناتوانێ سەر بەخۆ ئەم شتانە بکات ئینجا دەفەرموێ:

(١١١) بیر بکەرەوە لەو کاتەی کەوا من وەحیم کردە لای حەوارییەکان (دۆستانی ڕاستەقینەی عیسا)و وتمان: باوەڕ بهێنن بە من‌و بە نێرراوەکەم کە عیسایە وتیان: ئەوا ئێمە باوەڕمان هێنا ئەی خوایە تۆ شایەت بە کە ئێمە موسڵمانین‌و گەردن کەچین بۆ بەرنامە کەت.

(١١٢) بیر کەرەوە لەو کاتەی کە حەوارییەکان بە عیسای کوڕی مەریەمیان وت: ئایا خوای تۆ توانای ئەوەی هەیە کە لە ئاسمانەوە خواردنێکمان بۆ بنێرێت؟ عیسا وتی: لە خوا بترسن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن‌و داوای شتی وا مەکەن.

(یَسْتَطِیعُ) بە (تَسْتَطِیعُ رَبَّكَ) خوێنراوەتەوە،واتە: تۆ ئەتوانی داوا بکەی لە خوای خۆت.

(١١٣) وتیان: ئێمە دەمانوێت لەو خواردنە بخۆین‌و دڵەکانمان ئارام بگرێت ، وە تا یەقین پەیدا بکەین کە تۆ ڕاست دەکەیت لە گەڵ ئێمەداو تۆ پێغەمبەری خوایت، وە

ئێمەش لە سەر ئەوە شایەتی بدەین شایەتیەك كەبە چاوی خۆمان دیبێتمان.

(١١٤) عیسای كوڕی مریەم هاواری كرد وتی: ئەی خودای من، ئەی پەروەردگارم لە ئاسمانەوە خوانێكمان بۆ بنێرە تا ببێت بە جەژن بۆ ئەوەڵو ئاخرمانو نیشانەیەكی گەورە بێت لە لای تۆوە بۆ ئەوەی بزانن كە من راست دەكەمو تۆش خاوەن دەسەڵاتیو رۆزیمان پێ بدە بە راستی تۆ لە هەموو رۆزی دەرەكان چاكتری. ئینجا ﷲ وەڵامی عیسای دایەوەو فەرموی:

(١١٥) من ئەوەتان بۆ رەوانە دەكەم ئەوساپاش ئەوە هەر كەس لە ئێوە كافر ببێت ئەو كاتە بە بێشك سزایەكی وای دەدەم كە هیچ كەسێكی تر ئاوا سزا نادەم ، هەندێك دەڵێن: ترسانو پەشیمان بوونەوە لە داخوازییەكەیان، بەڵام زۆر لە هەواڵەكان وا دەگەیەنن كە داوای كردووەو خوایش لە ئاسمانەوە خوانێكی بۆ ناردوون ، لە جۆری خواردنەكەو چی كراوە بەو خواردنە قسەی جوراو جۆر كراوە یەكێك لەوانە ئەوەیە كە ئەو خوانە هاتو چل رۆژ بەردەوام بوو بەیانیانو ئێوارانو بۆ هەر لایەك بچونایە بۆیان دەهات هەندێكی تر دەڵێن: عیسا دانیشت لە دەورەی خوانەكەو وتی: خوایە بۆمان نەكەی بە سزاو نارەحەتیو پاشان وتی: بخۆن وتیان: تۆ بیخۆ عیساش وتی: نەخێر من داوام نەكردووە ئەو كەسەی كە داوای كردوە با بیخوات ئینجا ئەوانیش نەیانخوارد، ئینجا عیسا هەرچی فەقیر هەبوو دەعوەتی كردنو كۆبونەوە لە سەریو خواردیان ، وە هەرچی نەخۆشیش بوو خواردیان لە دوای چەند رۆژێك هەڵگیرا، ئینجا ئەوانەی كە نەخۆش بوون هەموویان چاك بونەوەو ئەوانەی كە نەیانخوارد بوو زۆر خەمیان خواردو داوایان كرد با جارێكی تر ئەو خوانەمان بۆ بێت بەڵام تازە تەواو بوو. هەندێكی تر دەڵێن خواردنەكە نانو ماسی بوو هندێكی تر دەڵێن هەر ماسی بوو، بەڵام تامی هەموو شتێكی دەدا هەندێك دەڵێن میوەی بەهەشت بوو لە چەندین جۆر هەمیشە چوار هەزار كەس دادەنیشت لە سەری هەر تەواو دەبو دیسان خوا وێنەی ئەوەی بۆ دەناردنەوە بەم شێوەیە مانەوە تا ئەو كاتەی كە خوا

قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلۡ عَلَيۡنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ
تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا وَءَايَةً مِّنكَۖ وَٱرۡزُقۡنَا وَأَنتَ
خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ (١١٤) قَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيۡكُمۡۖ فَمَن يَكۡفُرۡ بَعۡدُ
مِنكُمۡ فَإِنِّيٓ أُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا لَّآ أُعَذِّبُهُۥٓ أَحَدًا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ (١١٥)
وَإِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ءَأَنتَ قُلۡتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي
وَأُمِّيَ إِلَٰهَيۡنِ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ
أَقُولَ مَا لَيۡسَ لِي بِحَقٍّۚ إِن كُنتُ قُلۡتُهُۥ فَقَدۡ عَلِمۡتَهُۥۚ تَعۡلَمُ مَا فِي
نَفۡسِي وَلَآ أَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِكَۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ (١١٦) مَا
قُلۡتُ لَهُمۡ إِلَّا مَآ أَمَرۡتَنِي بِهِۦٓ أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمۡۚ وَكُنتُ
عَلَيۡهِمۡ شَهِيدًا مَّا دُمۡتُ فِيهِمۡۖ فَلَمَّا تَوَفَّيۡتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ
عَلَيۡهِمۡۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ (١١٧) إِن تُعَذِّبۡهُمۡ فَإِنَّهُمۡ عِبَادُكَۖ
وَإِن تَغۡفِرۡ لَهُمۡ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (١١٨) قَالَ ٱللَّهُ هَٰذَا يَوۡمُ
يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدۡقُهُمۡۚ لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ
خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ (١١٩)
لِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا فِيهِنَّۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرُۢ (١٢٠)

ئارەزۆی لێ بوو ، هەندێكی تر دەڵێن: حەوت كولێرەو حەوت ماسی بووە تا ئارەزۆیان لێ بوو لێیان دەخوارد تا هەندێكیان هەندێ لەو خواردنەیان دزیو وتیان: نەوەك ئیتر نەیەت ، لە بەر ئەوەیە ئیتر كۆتایی پێ هات ، ئینجا خوای گەورە باسی موحاسەبەی عیسامان بۆ دەكات بە بۆنەی ئەوەی كە خەڵك بە خوایان زانیووە لە بەر چاوی ئەو خەڵكەوە پرسیار لە عیسا دەكرێت سەبارەت بەو كارە ناپەسەندەی پەیڕەوانیو دەفەرموێ:

(١١٦) باس بكە بۆیان ئەو كاتەی كە خوا بە عیسای كوڕی مەریەمی فەرمو: ئایا تۆ وتوتە بە خەڵك منو دایكم هەردووكمان دوو خوداین بێجگە لە ﷲو دەبێ بمان پەرستن؟ عیسا وتی: پاكو بێ عەیبی هەر بۆ تۆیە ئەی خوایە بۆ من نیە قسەیەكی وا بكەم كە حەقو راست نەبێت، ئەگەر من شتی وام وتبێت بەراستی تۆ ئاگات لێیەتی چونكە تۆ ئاگاداری بەوەی كە لە ناو دڵی من دا هەیە ، وە بەدڵنیاییەوە كە من هیچ نازانم لەوەی كە لای تۆدایە واتە ئەوەی كە تۆ ئێمەت ئاگادار نەكردبێتەوە ئێمە هیچی لێی نازانین، بەڵام هەر خەتەرەیەك لە ناو دڵی من

دا بوەو هەیە تۆ ئاگاداری پێی بەبێگومان تۆخۆت زانەری هەموو شتێکی پەنامەکیت.

(١١٧) خوایە من پێم نەوتون مەگەر ئەوەی کە تۆ ئەمرت پێ کردوم کە پێیان بڵێم، ئەویش ئەمە بوو: وتومە بەندایەتی خوای منو خوای خۆتان بکەنو من شایەتم لە سەریان هەتا خۆم لە ناویاندان بووم هەر ئەوەم پێ وتونو پێم راگەیاندون جا کاتێکیش کە منت هەڵگرت لە ناو ئەو خەڵکەدا تۆ خۆت چاودێرو نیگەهبانی ئەوانیو دەزانی چیان کردووەو چیان وتووە تۆ خۆت ئاگاداری بە سەر هەموو شتێکدا ، بەڵێ پەیرەوانی نەزانو نەفام ئاوا پیاوانی بەرز دەخەنە بەردەم پرسیارو وەڵامی دادگای دوا رۆژ هەرچەند کە عیسا لەم بارەوە هیچ تاوانی نیە، جاچاك بزانن چونە سەرگۆڕی هەر پیاو چاکێكو پاڕانەوە لێی شیرکەو ئەوپیاو چاکەش دادگای دەکرێ بۆدەمکوت کردنی ئەو پەیڕەوە نەزانو نەفامانەو بۆ بە درۆخستنەوەیان. وتراوە: "دوژمنی زانا باشترە لە دۆستی نەزان" ، پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {ئەگەر هەمووتان کۆببنەوە بە ئینسانو بە جنۆکەوە لە سەر ئەوەی کە قازانجێك بگەیەنن بە ئینسانێك ناتوانن قازانجی پێ بگەیەنن مەگەر خوا ئیرادەی ئەوقازانجەی کردبێت، وە ئەگەر بیانەوێت زیانێکی پێ بگەیەنن ناتوانن مەگەر خوا ئیرادەی کردبێت کە ئەو زیانەی لێ بکەوێت} کەوابوو داوا کردن لە هەر ئینسانێکی مردو داوایەکی زۆر بێ جێگایەو دوژمنایەتی کردنی مردووەکەیە، چونکە ئەو مردوە هیچ کات لە عیسا بە نرختر یان پایە بەرزتر نیە یان بەڵکو پێغەمبەرێکەوەکو عیسایە یان کەمترە دەی کە عیسا لە سەر ئەوە موحاسەبە بکرێت ئیتر کێی تر هەیە لەو موحاسەبەیە رزگاری ببێت؟ وە کام پیاو چاك وتویەتی: بانگم بکەن من دێم بە هاوارتانەوە؟! وە کام بەڵگەی شەرعی هەیە لە سەر بانگ کردنی پیاو چاکان؟ هیوادارم باوەڕ داران ئاگایان لە خۆیان بێت تاشەیتانو شەیتان سیفەتان هەڵیان نەخەڵەتێننو خوا پەرەستیەکەیان تێکەڵاو بە شیرك نەکەن چونکە هەر باوەڕ بوونو کردەوە بەس نیە، بەڵکو پێویستە لە کردەوەکانماندا کەس نەکەین بە هاوەڵو رەفیقی خواو سیفەتی خوایی بە کەس نەدەینو راستگۆ بین لە بەندایەتی خوادا چونکە تەنها راستگۆیی دەبێ بە هۆی رزگاریمان لەو رۆژە سەختەدا. ئینجا عیسا دەپاڕێتەوە بۆ گەلەکەیو دەڵێ:

(١١٨) خوایە ئەگەر تۆ سزایان بدەیت خۆئەوانە بە بێگومان بەندەی خۆتنو هەر خۆت دەزانی چۆن رەفتاریان لە گەڵدا دەکەیتو ئەگەر لێیشیان خۆش بیت بێگومان تۆ هەر خۆتی دەسەڵاتدارو دانا. ئینجا ،

(١١٩) اللّٰه دەفەرموێ: ئا ئەمە ئەورۆژەیە کە راستگۆیان راستیەکەیان دەگاتە فریایانو هیچی تر سودی نابێو ناگاتە فریایان، نەعەشرەتو نە پارەو نەمەقام، تەنها راستیو دروستی خۆی لە گەل خواو لە گەل دینەکەی خوادا فریای دەکەوێ ، بۆ ئەوانە هەیە چەندین باخچە کەلە ژێر ئەو باخچانەدا چەندین جۆگە دەڕواتو بۆ هەمیشە لەو جێگایەدا دەمێننەوەکە خوا بە هۆی کردارو رەفتاری پاکیانەوە رازیە لێیانو ئەوانیش رازین لە خوا لە سەر ئەو هەموو نازونیعمەتانەی کە پێی داون بە راستی ئەوەیە بەهرەی گەورە. لەم سورەتەدا گەلێك یاسای باسکرد بۆمان چونکە ئێمە موڵکی ئەوزاتەینو لەناوموڵکی ئەودا دەژینو دروستکراوی ئەوین ئەولەخۆمان چاکتر ئێمە دەناسێتودەبێ بە گوێرەی بڕیاری ئەو ئیش بکەین ئەگینا مافی خۆیەتی تۆڵەمان لێ وەرگرێت چونکە لە موڵکی ئەودا بە گوێرەی بڕیاری ئەو ئیشمان نەکردووەوسپڵەو بێنمەکین. ئینجا کۆتایی سورەتەکە دەبەستێتەوە بە باقی یاساکانی تریەوەو دەفەرموێ:

(١٢٠) ئاسمانانو زەویو ئەوەی کە لە ناویاندایە هەموی موڵکی خوایەو ئەو دەسەڵاتی بە سەر هەمو شتێکدا هەیەو هیچ شتێك لە دەستی ئەو دەرناچێت. دەی مرۆڤ تۆ پارچەیەکی زۆر بچوکی ئەو موڵکەیت بۆ دەبێ ئەوەندە لاساربیت؟! یەکێك لەوانەش عیسایە،جا کە عیسا لە ژێر دەسەڵاتی خودا دایەو موڵکی خوایە ئیتر کەی خوایە؟! عەبدوڵا ی کوڕی عەمر دەڵێ: دواترین سورەت کە دابەزیوە سورەتی (المائدة)یە.

٦ سورەتی ئەنعام ١٦٥

سورەتی ئەنعام كە سورەتی شەشەمی قورئانەو سەدو شەستو پێنج ئایەتەو سورەتێكی مەكیەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی پەنجاوپێنجەمەو پاش سورەتی (الحجر)و پێش (الصافات) شەو بە یەكجار لە مەكە دابەزیوە. هەرچەند ئیبنو سەلاح ئەو ریوایەتانەوە كە دەڵێن ئەم سورەتە بە یەكجار هاتوە بە راستی نەزانیون. ئەبو ئیسحاقی ئیسفەرائینی دەڵێ: ئەم سورەتە تەواوی بنجوبنەماكانی بیرو باوەڕی تێدایە.

بە ناوی ﷲ ی زۆربە سۆزو بێنیها یەت میهربان

(١) سوپاس بۆ ئەو خوایەی كەئاسمانان‌وزەوی دروست كردوەو تاریكیەكان‌ورووناكی داناوەودروستی كردوە جا لە پاش ئەو هەموو بەڵگانە هێشتا ئەوانەی كە بێ باوەڕن هاوتا دادەنێن بۆ پەروەردگاری خۆیان.

(٢) ﷲ ئەو زاتەیە كە، ئێوەی دروست كردوە لە قوڕ چونكە هەموو لە ئادەمین‌و ئادەمیشی لە قوڕ دروست كردوە بەراستی، ئەگەر بە جوانی‌و بەوردی بیر لێ بكەینەوە دەبینین هەموو مرۆڤەكان ئێستاش هەر لە قوڕ دروست دەكرێن چونكە دروست بونی مرۆڤ بە هۆی ئەو ئاوە (نطفە) تایبەتیە كە لە پشتی پیاوو سنگی ئافرەتەوە پەیدا دەبێت كە ئەویش لە خۆراكەوە پەیدا دەبێت‌وخۆراكیش بە هۆی خاك بە قوڕ بوونەوە سەوز دەبێت كە مرۆڤ وحەیوانی تر سودی لێ وەردەگرن، ئەگەر ئاو نەبێت وزەوی نەكات بە قوڕ هیچ بەرو بومێك نابێت‌و هیچ كەسیش لەم زەویەدا نامێنێ ئینجا دەفەرموێ: لە پاشان خوا ماوەیەكی بۆ داناون‌ولە كۆتاییدا دەبێ كۆچ بكەن لەم دنیادا، وەماوەی دیاری كراو كە بریتیە لە رۆژی قیامەت یان مەرگی هەر مرۆڤێك ئەوە لای خۆیەتی‌وكەس نایزانێت لە پاشان ئێوە گومانتان لە بارەی هاتنی قیامەتەوەهەیە یەقینتان نیە كە رۆژێكی ئاوەها دێتە پێشەوە. وە نازانن ئەو كەسەی كە توانیویەتی لەسەرەتادادروستتان بكات هەروایش دەتوانێت زیندوتان بكاتەوە بۆ حیساب‌وكیتاب.

٦ سُورَةُ الأَنْعَامِ ١٦٥

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ
وَٱلنُّورَ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴿١﴾ هُوَ ٱلَّذِى
خَلَقَكُم مِّن طِينٍ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلًا وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥ ثُمَّ أَنتُمْ
تَمْتَرُونَ ﴿٢﴾ وَهُوَ ٱللَّهُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَفِى ٱلْأَرْضِ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ
وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ ﴿٣﴾ وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ
ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴿٤﴾ فَقَدْ كَذَّبُوا۟ بِٱلْحَقِّ
لَمَّا جَآءَهُمْ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنۢبَٰٓؤُا۟ مَا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٥﴾ أَلَمْ
يَرَوْا۟ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مَا لَمْ
نُمَكِّن لَّكُمْ وَأَرْسَلْنَا ٱلسَّمَآءَ عَلَيْهِم مِّدْرَارًا وَجَعَلْنَا ٱلْأَنْهَٰرَ
تَجْرِى مِن تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا
ءَاخَرِينَ ﴿٦﴾ وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَٰبًا فِى قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ
لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧﴾ وَقَالُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ
عَلَيْهِ مَلَكٌ وَلَوْ أَنزَلْنَا مَلَكًا لَّقُضِىَ ٱلْأَمْرُ ثُمَّ لَا يُنظَرُونَ ﴿٨﴾

وە هەر خۆیەتی خوایە لە ئاسمانان ولە زەویدا، كەدەزانێ بە شتە نهێنیەكانتان‌و بە شتە ئاشكراكانتان‌و خوا دەزانێت كەئێوە چ ئیشێك دەكەن چاك یان خراپ. لەم ئایەتەوە ئەوە وەردەگیرێت ، كە خوا لە هەموو شوێنێك بێت وە هیچ شوێنێك خاڵی نیە لە زانیاری خوا كە زانیاری دەگاتە هەموو كون‌و قوژبنێك ودەسەڵاتی بە سەر هەموو شتێكا هەیە كەواتە كەسی تر مافی فرمانڕەوایی نیە بێجگە لە (ﷲ) چونكە یەكێك لە ماناكانی (ﷲ) حاكمیەتە وەك دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ وَفِى ٱلْأَرْضِ إِلَٰهٌ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ \ الزخرف: ٨٤\هەر ئەوە لە ئاسمان فرمانڕەوایەو لە زەویشدا فرمانرەوایە وە هەر ئەوە داناو زانا ﴾ واتە هیچ كەس بۆی نیە كە دژایەتی فرمانڕەوایی خوای گەورە بكات چ لە ئاسمانان‌وچ لە زەوی دا نەك بە مانای ئەوەیە كە زاتی خوای گەورە لە هەموو شوێنێكدا هەیە. پاش ئەوەی خوای گەورە باسی چەند سیفەتێكی خۆی كردو مرۆڤی لە خەو بێدار كردەوە، كە تا بزانێ هەرچی بكات‌وهەرچی بڵێ‌ولە هەر كوێدا بێت وا لە ژێر چاودێری خوادا.

وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَٰهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا
يَلْبِسُونَ ﴿٩﴾ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ
بِٱلَّذِينَ سَخِرُواْ مِنْهُم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿١٠﴾
قُلْ سِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ ٱنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ
ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿١١﴾ قُل لِّمَن مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ قُل لِّلَّهِ ۚ
كَتَبَ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ ۚ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ
لَا رَيْبَ فِيهِ ۚ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ
﴿١٢﴾ ۞ وَلَهُۥ مَا سَكَنَ فِى ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ
﴿١٣﴾ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ
وَلَا يُطْعَمُ ۗ قُلْ إِنِّىٓ أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ ۖ وَلَا
تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٤﴾ قُلْ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ
رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥﴾ مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ
رَحِمَهُۥ ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ
فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ
قَدِيرٌ ﴿١٧﴾ وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٨﴾

(٤) ئەمانە هیچ ئایەتێك لە ئایەتەکانی پەروەردگاری خۆیان نایەتەلایان مەگەر ئەوان پشتی تێ بکەن‌و گوێی پێ نەدەن. ئەمە نەك هەرخەڵکی ئەو سەردەمە بەڵکو خەڵکی ئەمڕۆی ئێمەیش هەر وایە کەئەو هەموو بەڵگە رونانەی قورئان دەزانین‌و رۆژ لە دوای رۆژ راستی‌ودروستی قورئان چاکتر دەردەکەوێت جا لە باتی ئەوەی کە رووبکەینەوە دینی خواو زیاتر لێی نزیك ببینەوە کەچی پشتی تێ دەکەین هەروەك لێرەدا دەفەرموێ:

(٥) جابە راستی ئەوان بێ باوەڕ بوون بەو حەقە کاتێك کە هاتە لایان کە قورئانەو پێیان وابوو کە درۆیەئەوسا بەم زوانە هەواڵی ئەو شتەی کە ئەوان گاڵتەیان پێ دەکرد پێ دەگات واتە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت جا ئەو کاتە دەزانن چیان کردوە بە خۆیان.

(٦) ئایا نابینن کە چەندین وڵاتو چەندین مەملەکەتو چەندین خەڵکی ناو ئەو مەملەکەتانەمان لە بەین بردوە لە پێش ئەواندا ، کە جێگیرمان کردبوون لەم سەر زەویەداو توانایی‌وهێزی چاکمان پێ دابوون بە شێوەیەکی

وا کە هێشتا بەو شێوەیە بە ئێوەمان نەداوەو لە ئاسمانەوە ئاومان بۆ دەناردن هەمیشەو بێ بڕانەوەو دامان بەوان چەندین جۆگە کە دەڕۆیشت بە ناو باخ و بیستانیان داوکەم کەم لە خۆیان بایی بوون‌ولە باتی سوپاسی خوا دەستیان دایە دژایەتی فرمانەکانی خواو خوایش سەر ئەنجام لەو دنیایەدا لە ناوی بردن‌وبردنیەوە بۆ تۆڵەو سزای گەورەتر وەك دەفەرموێ: جا ئیتر ئێمەش لە بەینمان بردن بە بۆنەی گۆناهەکانی خۆیانەوە ، هەر گەلێك بە شێوەیەك لە بەین بران یەکێ بە باوو یەکێ بە باران‌و یەکێك بە دەنگ وەیەکێکیش بە سەرو بن کردن . وە لە پاش ئەوانیش چەندین خێڵی ترمان دروست کرد.

(٧) وە ئەگەر ئێمە کتێبێکمان بۆ رەوانە بکردایتەخوارەوە کەنوسراوبوایە بە رێك‌وپێکی لە ناو کاغەزادا، جابە دەستی خۆیان دەستیان لێ بدایە بێ گومان بێ باوەڕان دەیان وت: ئەمە بێجگە لە سیحرێکی ئاشکرا هیچی تر نیە واتە ئەوان دەیان وت: ئەگەر کتێبێکمان بۆ بێتە خوارەوە ئێمە باوەڕت پێ دەکەین، بەڵام خوای گەورە دەفەرموێ: ئەگەر کتێبێکی رێك‌وپێکیشیان بۆ بنێرینە خوارەوەوخۆیان دەستیشی لێ بدەن‌وبە چاوی خۆیان بی بینن ئینجا هەر بە سیحری دادەنێن، بەڵێ ئەم بێ باوەڕانە هەر رۆژەی بەهانەیەك دەگرن‌و هەر دەمێك داوای شتێك دەکەن.

(٨) وە دەیان وت: جا ئەگەر محمدﷺراست دەکات با فریشتەیەکی لە گەڵ دا بوایەو شایەتی بۆ بدایە کە راستە خوایش دەفەرموێ: ئەگەر ئێمە فریشتەمان بناردایە ئیش جێ بە جێ دەکرا چونکە ئەگەر فریشتە لە سەر داخوازی هات ئیتر سزای خوا دێت بە دوای دا لە پاشان مۆلەتیشیان نادرێت ئەمە لە لایەکەوە. وە لە لایەکی تریشەوە دەفەرموێ:

(٩) ئەگەر ئێمە لە گەل ئەو پێغەمبەرەی خۆماندا کە بەشەرە فریشتەیەکمان رەوانە بکردایە چونکە ئێوە فریشتە بە شێوەی خۆی نابینن دەبوایە بمانکردایە بە بەشەرو بەو پۆشاکەی ئەوان پۆشاکمان بۆ بکردایە دووبارە دەیان وت: باشە کێ دەڵێ ئەوە فریشتەیەوکێ دەڵێ ئەویش بەشەر نیە واتە: ئەمانە بۆ بەهانە دەگەڕێن‌و بەهانەش

قەت دوایی نایەت کەوابوو ئەی محمدﷺ تۆ حەق راگەیەنە بە تەواوی. جاپێویست ناکات کەداعیانی حەق بڵێن: کابرا فلانە بەهانەی هەیە یا بەهانەی ببڕین بەڵکو پێویستە ئەوەی راستە بوترێت ئیتر کابرا باوەڕ دەکات یان نە تاوان لە سەر ئەوان نیە، ئینجا دڵخۆشی پێغەمبەر دەکاتو دەفەرموێ:

(١٠) ئێستا ئەگەرباوەڕت پێ ناکەن تۆ نارەحەت نەبیت چونکە ئەوە خوی هەموو بێ باوەڕانی پێش تۆیە بە راستی گاڵتەیان پێ کراوەوڕێزیان نەگرتون جا ئەوە نەبێ هەروا ئەم کارە خراپەیان بۆ چووبێتە سەر بەڵکو بێ گومان سزای ئەو گاڵتە کردنەیان پێ گەیشتو لە دەست سزای خوا دەرباز نەبون دەی ئەگەربەمەش هەر باوەر ناکەن.

(١١) پێیان بڵێ: برۆن بگەڕێن بە سەر زەوی داو تەماشای سەرەنجامی بێ باوەڕانو خراپەکاران بکەنو بزانن عاقیبەتی ئەو کەسانەی ، کە بێ باوەڕ بوون بەکوێ گەیشتو چیان بە سەر هاتوە وەك فیرعەونو پەیرەوانیو گەلی سەمودو گەلی عادوگەلی شوعەیبو گەلی لوت پاش ئەوەی کە خوای گەورە وەڵامی چەند رەخنەی بێ باوەڕانی دایەوە وا هەندێ لە هێزو دەسەڵاتوسۆزو سزای خۆی لە شێوەی پرسیار دا باس دەکاتو دەفەرموێ:

(١٢) بڵێ: بۆ کێیە ئەوەی کە لە ئاسمانانوزەویدایە، ئەگەر چی لە چەند جێگای تر وەڵامیان داوەتەوە کە بۆ خوایە بەڵام ئەوەندە لاساریان کردوە وەك هەر وەڵامیان نەدابێتەوە وایە بۆیە خوا دەفەرموێ: بڵێ: هەر بۆ خوایەوکەسی تر خاوەنی نیە کەوای داناوە لە سەر نەفسی خۆی کە بەرەحمو بەسۆز بێت بەرامبەر بەبەندەکانی خۆی. تەماشا بکەن ئەو هەموو مخالفەتەی دەکرێت ، وە ئەو هەموو کفرو نارەواییە دەکرێت بەڵام ئەو باران کە مایەی ژیانە دەنێرێتوزەوی ئاوەدان دەکاتەوە بۆمان؟! ئینجا دەفەرموێ: ئەو (ل)ە لە وشەی ﴿ لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ ﴾ لە وەڵامی سوێندێکی لابراو دایە واتە سوێند بە خۆم خوا کۆتان دەکاتەوە لە رۆژی قیامەتدا کە هیچ گومانێك لەو کۆکردنەوەلەو رۆژەدا نیە ئەوکەسانەی کە نەفسی خۆیان دۆڕاندوە ئەوسا ئەو کەسانەن کە باوەڕ ناهێنن ، واتە دۆڕاوو سەر شۆر لەو رۆژەدا بێ باوەڕانن. پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: { لَمَّا خَلَقَ اللهُ الْخَلْقَ كَتَبَ فِي كِتَابِهِ فَهُوَ عِنْدَهُ فَوْقَ الْعَرْشِ إِنَّ رَحْمَتِي تَغْلِبُ غَضَبِي/متفق عليه/ واتە بە راستی خوا لە کاتێکا کە مەخلوقاتی دروست کرد لە کتێبێکدا لای خۆی لە سەری عەرش نوسی، بە بێگومان سۆزو رەحمەتی من زاڵ دەبێ بە سەر رقوقینم دا} ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(١٣) بە راستی بۆ خوایەوموڵکی ئەوە ، ئەوەی کە لە شەو رۆژدا ئارام دەگرێتو ژیانی دەپارێزێت لە دەیان دوژمنی ئاشکراونهێنیو بەندەی ئەونو لە ژێر دەسەڵاتوهێزی ئەودانو هەر خوای گەورەیە بیسەری هەمو رازو نیازێكو زانەری هەموو ئیشەکانە. ئینجا خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرمانﷺ دەدات کە خەڵکی بەرەو یەکتا پەرستی بانگ بکاتودەفەرموێ:

(١٤) بڵێ: ئایا بێجگە لە خوا بکەم بە دۆست بۆ خۆم کە ئەو خوایە دروست کەری ئاسمانانو زەویەو هەر ئەوە کە خواردن دەدات بە خەڵكو خواردنی پێ نادرێت بەڵکو ئەو زاتە پێویستی بە خواردن نیە ، ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: بەراستی من ئەمرم پێ کراوە کە من یەکەم کەس بم بۆ خۆ تەسلیم کردن بە خواوبۆ بەندایەتی ئەو یەکەم کەسم لە موسڵمانی ئەم گەلەو تۆ نەکەی لە ریزی موشریکاندا بیت. ئاشکرایە کە پێغەمبەرمانﷺ هەرگیز بە هاوەڵ دانان بۆ خوا رازی نەبوە کەواتە ئەگەر چاکترین بەندەی خوا تاوان بکات شایستەیە بۆ خوا سزای بدات، دیسان خوای گەورە دەفەرموێ:

(١٥) ئەی محمدﷺ بڵێ: بە راستی من دەترسم ئەگەر نا فرمانی خوای خۆم بکەم لە سزای رۆژێکی گەورە کەرۆژی قیامەتە ، کە ئەو رۆژە وەك قورئان دەفەرموێ: رۆژێکە ئەوەی کە حامیلەیە حەملەکەی خۆی فڕێ دەداتومنداڵ لە ترسا سەر سپی دەکاتوپیر دەبێت

(١٦) هەر کەسێك ئەو سزای رۆژی قیامەتەی لێ لادرێتوتووشی ئەو سزایە نەبێت بەراستی خوا رەحمی پێ کردوەو هەر ئەوەیە سەرکەوتنو سەرفەرازی ئاشکرا وەك

قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَٰدَةً ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ شَهِيدٌۢ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۚ وَأُوحِىَ إِلَىَّ هَٰذَا
ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ۚ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ
ءَالِهَةً أُخْرَىٰ ۚ قُل لَّآ أَشْهَدُ ۚ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِنَّنِى بَرِىٓءٌ مِّمَّا
تُشْرِكُونَ ﴿١٩﴾ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ
أَبْنَآءَهُمُ ۘ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٠﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ
مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ ۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ
﴿٢١﴾ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ
ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٢٢﴾ ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ
رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴿٢٣﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ۚ وَضَلَّ
عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ ۖ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ
قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ
لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ
إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٥﴾ وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ ۖ وَإِن
يُهْلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ
فَقَالُوا۟ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٧﴾

له سورەتی ال عمران \١٨٥ دا دەفەرموێ: ﴿ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ /آل عمران: ١٨٥ / بە راستی ئەوەی لە ئاگری جەهەنەم دور خرایەوەو خرایە بەهەشت بێگومان سەرکەوتوو خۆشبەختە ﴾

(١٧) خۆ ئەگەر خوا بیەوێت دوچاری بەڵایەکت بکات ئیتر هیچ کەسێك ناتوانێت لای ببات مەگەر خۆی واتە هیچ کەسێك ناتوانێ هیچ زیانێك بە کەس بگەیەنێ یان بەڵایەکی لە سەر لابات مەگەر خوا ئیرادە بکات ، زیان گەیاندنی خەڵکی بە یەکتر هۆی زیانن وەك تەوشێیەك دارێك ببڕێت، ئاشکرایە خۆی ناتوانێ بی بڕێت ئەگەر بە دەستی کەسێکەوە نەبێت، تەنها ئەوەندە جیاوازی هەیە کە لە مرۆڤ دا ئیرادە کردنی هەیە ئەویش بە بڕیاری خوا ، ئینجا دەفەرموێ: وە ئەگەر هاتوچاکەیەکت لە گەڵدا بکات دیسان کەس ناتوانێ ڕێگای لێ بگرێت چونکە ئەو بە سەر هەمو شتێکدا دەسەڵاتی هەیە وزیانو سود هەموی بە دەست خۆیەتیوهەر ئەودەتوانێ چی ئارەزۆ بکات لە ناو بەندەکانیدا بیکاتو خاوەن دەسەڵاتە ئەگەر ئێمە ئیمانێکی ئاوەهامان بێت بۆ لە خەڵك دەترسین؟ هەروەك

لە فەرمودەدا هاتوە کە پێغەمبەرﷺ بە عەبدوڵای کوڕی عەباس دەفەرموێ: بزانە ئەگەر هەموو گەلان کوببنەوە لەسەر ئەوەی کە سوودیکت بی بگەیەنن ناتوانن ئەوسودەت بی بگەیەنن مەگەر خوا بۆی بڕیاردابیت ، هەروەها ئەگەر هەموو ئوممەت کوببنەوەلەسەر ئەوەی کەزیانێکت بی بگەیەنن ناتوان ئەوزیانەت بی بگەیەنن مەگەرخوالەسەری نوسیبیت.

(١٨) جا هەر خوایە خاوەنی هێزو دەسەڵاتە بە سەر بەندەکانی خۆیداو هەموو خاوەن دەسەڵاتان گەردن کەچنو بێدەسەڵاتن بەرامبەر بەدەسەڵاتی خودا ، وە هەر ئەوە دانایە لە ئیشەکانی داو ئاگادارە بە سەر هەموو شتێکا گرتنەوەو بەخشینی بە بەندەکانی لە سەر بناغەی داناییوئاگاییە نەك لە خۆوەو بە گۆترە کاری بێت بۆیە پێویستە خاوەن باوەڕان بە بەشی خۆیان قانیع بنو حەسوودی نەبەن بە خەڵکی خاوەن سەروەتو سامان ، ئینجا دەفەرموێ:

(١٩) ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: چ شتێك هەیە کە گەورەتر بێت لە بارەی شایەتەوە واتە شایەتێك کەلە هەموو شایەتێك گەورەتر بێت؟ پێیان بڵێ: خوایە لە هەموو شتێکی تر شایەتی گەورەترە ، وە ئەو شایەتە لە نێوان منو ئێوەدا کە من پەیامی ئەوم بە ئێوە گەیاندوەو ئێوە دژایەتی منتان کردوەو ئەوەش لە پێشگای خوادا تۆمار کراوەو لە دوا رۆژدا منو ئێوە لە یەك جیا دەکاتەوە ، وە من بەردەوام دەبم لە سەر بانگەوازی خۆم و وەحی کراوەتە لای من ئا بەم قورئانە ، کەواتە قورئان وەحیەو لە لایەنی خواوە هاتوە ئەمە بناغەی سێهەمی بیرو باوەڕمانە کە باوەڕمان ببێت بەم قورئانە، تا بەم قورئانە بتان ترسێنم لە پاشە رۆژی ئیشی خراپو هەروەها ئەو کەسەی کە ئەم قورئانەی پێ دەگات کەوابوو هەر کەسێك دەنگی قورئانی پێ گەییوناوی بیست ئەوە ئۆممەتی محمدەﷺوپێویستە لە سەری بە گوێی ئەو قورئانە بکات خۆ ئەگەر لای دا بێگومان سزا دەدرێت ، وە پێیان بڵێ: ئایا ئێوە شایەتی دەدەن کە لە گەڵ خوادا خوایە کی تر هەیە؟ بڵێ: ئەگەر ئێوەش ئەو شایەتیە ناڕەوایە بدەن من هەرگیز

بَلۡ بَدَا لَهُم مَّا كَانُواْ يُخۡفُونَ مِن قَبۡلُۖ وَلَوۡ رُدُّواْ لَعَادُواْ لِمَا نُهُواْ عَنۡهُ
وَإِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ﴿٢٨﴾ وَقَالُوٓاْ إِنۡ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا وَمَا نَحۡنُ
بِمَبۡعُوثِينَ ﴿٢٩﴾ وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذۡ وُقِفُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمۡۚ قَالَ أَلَيۡسَ هَٰذَا
بِٱلۡحَقِّۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَرَبِّنَاۚ قَالَ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ
﴿٣٠﴾ قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلسَّاعَةُ
بَغۡتَةٗ قَالُواْ يَٰحَسۡرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطۡنَا فِيهَا وَهُمۡ يَحۡمِلُونَ أَوۡزَارَهُمۡ
عَلَىٰ ظُهُورِهِمۡۚ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٣١﴾ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا
لَعِبٞ وَلَهۡوٞۖ وَلَلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ
﴿٣٢﴾ قَدۡ نَعۡلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحۡزُنُكَ ٱلَّذِي يَقُولُونَۖ فَإِنَّهُمۡ لَا يُكَذِّبُونَكَ
وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدۡ كُذِّبَتۡ
رُسُلٞ مِّن قَبۡلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمۡ نَصۡرُنَاۚ
وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ وَلَقَدۡ جَآءَكَ مِن نَّبَإِيْ ٱلۡمُرۡسَلِينَ
﴿٣٤﴾ وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيۡكَ إِعۡرَاضُهُمۡ فَإِنِ ٱسۡتَطَعۡتَ أَن تَبۡتَغِيَ
نَفَقٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَوۡ سُلَّمٗا فِي ٱلسَّمَآءِ فَتَأۡتِيَهُم بِـَٔايَةٖۚ وَلَوۡ شَآءَ
ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمۡ عَلَى ٱلۡهُدَىٰۚ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴿٣٥﴾

ئەو شایەتیە نادەم، چونکە درۆیە بڵێ: بەراستی تەنها یەك خوا هەیەوبێگومان کە دورم لەوەی کە ئێوە بۆ خوای دادەنێن چونکە ناڕەواو نادروستەو تاوانێکی زۆر گەورەیە، ئینجا خوای گەورە لاساری‌وخراپی ئەهلی کتێب باس دەکات‌ودەفەرموێ:

(٢٠) ئەوانەی کە ئێمە کتێبمان پێ داون کە تەورات‌وئینجیلە ئەوەندە بەرونی باسی ئەم پێغەمبەرەیان ﷺ تێدا کراوەکە دەیناسن هەروەك چۆن کوڕی خۆیان دەناسن واتە لە راستی‌ودروستی پێغەمبەرو بەرنامەکەیدا گومانیان نیە بەڵکو لە بەر حەسادەت‌ولاساریان باوەڕ ناهێنن کەئەوانە کەسانێکن نەفسی خۆیانیان دۆڕاندوە چونکە ئەوانە باوەڕ ناهێنن.

(٢١) کێ هەیە ستەمکارتر لەو کەسانەی کە ئیفترا ودرو بە دەمی خواوە بکەن؟ یان بێ باوەڕ بێت بە ئایاتەکانی ئەو ئاشکرایە ئەو کەسانەی کە درۆ بە دەمی خواوە بکەن‌وباوەڕ بە ئایەتەکانی نەکەن ستەمکارن‌و بێگومان هەرگیز مرۆڤی ستەمکار سەرکەوتوو رزگار نابێت ئەمەش موژدەیەکی خۆشە بۆ موسڵمانان کە ستەمکاران هەرچی بکەن سەرئەنجامیان هەرشکست‌و فەوتانە.

(٢٢) ئەوسا باسی ئەو رۆژە بکە کە هەمویان کۆ دەکەینە کە رۆژی قیامەتە لە پاشان بە ئەو کەسانەی کە هاوبەشیان بۆ خواداناوە دەڵێین: کواو لە کوێیە ئەو هاوبەشانەی کەداتان ناوە بۆ من‌وئەتان وت ئەوانە خوان‌و پارێزگاریمان لێ دەکەن‌و دێن بە هاوارمانەوەو پاڵ پش تمانن؟ با بێنە پێشەوە ، واتە لەورۆژەدا هیچ پەرستراوێك جورئەتی هاتنە پێشەوەو تکاکردنی نییە بەڵکو هەرکام لەوان هەوڵ دەدات کە ئەوتاوانە لەسەرخۆی لاببات‌و لایەنەکەی تر تاوانبار دەکات؟!

(٢٣) لە پاشان هیچ شتێکیان بۆ نامێنێت‌و هیچ قسەیەکیان نیە بیکەن‌و هیچ بەڵگەو بەهانەیەکیان نیە کە وەڵامی خوای داناو ئاگا بدەنەوە مەگەر ئەوە نەبێ کە دەڵێن: سوێند بە ﷲ ئەی پەروەردگارمان ئێمە هەرگیز هاوەڵ دانەر نەبوین، بەڵێ ئەو هاوەڵ دانەرانە کاتێ کەدەبینن کە بێجگە لەمرۆڤانی راست‌و دروست‌و نوێژ کەر کەسی تر ناچێتە بەهەشتەوە دەڵێن با ئێمەش بدەین لە ژێری کردارە ناپەسندەکانی خۆمان‌و سوێند بخۆین کە هاوەڵمان بۆ خوا دانەناوە وا دەزانن ئەو جێگایەش هەروەك دنیایە کەبە درۆ بۆیان بچێتە سەر ئا بەو شێوەیە سوێند دەخۆن‌و پاکانە دەکەن بەڵام خوای تواناو زانا دەمیان لە کار دەخات‌و دەست‌و قاچیان دێتە قسەو هەموو کردارەکانیان ئاشکرا دەکەن ، ئا ئەوانەی لە دنیادا حەوت حەوت قسەیان کەڵەکە دەکردو هیچ حیسابیان بۆ پاشە رۆژ نەدەکرد ئاوا سەرشۆڕانە خۆیان بە درۆ دەخەنەوە وەك خوا دەفەرموێ:

(٢٤) تەماشاکە چۆن خۆیان بە درۆ دەخەنەوەو لێیان گوم بوو ئەو درۆیەی کە دەیانکرد لە دنیا داو هاوەڵیان بۆ خوا دادەنا.

(٢٥) جا هەندێك لەوان دێن گوێ دەگرن لە تۆ بەڵام چونکە گوێ گرتنەکەیان بۆ ئەوە نیە کە خۆیان پاك بکەنەوەو نایانەوێت پەیڕەوی حەق بن لە بەر ئەوە وائێمەش لە سەر دڵەکانی ئەوان پەردەمان دانا کە ئیتر

ئەوان حەق نەبیستن ئەمەش لە سەر ئەوەیە چونکە ئەوان ئەو هاتو چۆیەی کەدەیکەن بۆلای تۆ ئەی محمدﷺبۆ مەبەستێکی چاك نایکەن، یان بۆ دەمبازییە یان بۆ تانەو تەشردانە یان بۆ جاسوسیوبلاو کردنەوەی هەواڵی موسلمانانەو شکاندنیانە لە بەر چاوی خەڵك جا خوای گەورە بە گوێرەی نیەتی خۆیان مەعامەلیان لە گەلدا دەکات وە بارێکی گران بە سەر گوێکانیانەوەیە بارێکی قورسی وا کە هیچ شتێکی راست نەبیسن ، وە ئەگەر هەموو ئایەتەکانیش ببیسن ئینجا هەر باوەڕیان پێ ناکەن هەتا ئەو کاتەی کە دێنە لای تۆودەمە دەمەت لە گەلدا دەکەن کەکافرەکان دەڵێن: ئا ئەم قورئانە نیە مەگەر داستانوچیرۆکی پڕو پوچی خەڵکی رابردوە. ئینجا خوای داناو ئاگادار دوو سیفەتی پیسی بێ باوەڕان باس دەکاتودەفەرموێ:

(٢٦) ئەوسا ئەمانە بەرگری دەکەن لە خەڵكونایەڵن باوەڕ بهێنن بە پێغەمبەروبە قورئانو خۆیانیش پشتی تێ دەکەنو دوور دەکەونەوە لە باوەڕ هێنانو بە راستی ئەمانە هەر تەنها نەفسی خۆیان دەفەوتێنن بەلام شعورو هەستیان نیە.

(٢٧) ئەی بینەر ئەگەر تۆ ئەوان ببینی کاتێك کە ئەوێستێنرێن لە سەر ئاگری جەهەنەم جادەڵێن ئەی خۆزگە ئێمە جارێکی تر زیندوو ببوینایەوەو بچوینایەوە بۆ دنیاو ئیتر هەرگیز بێ باوەڕ نەدەبوین بە ئایەتەکانی پەروەردگارمانو ئەو کاتە ئێمەش باوەڕمان دەهێناو لە گەل باوەڕداراندا دەبوین. لە ناو ئاگردا ئەم ئاواتە دەخوازن بەلام بێ سودە بۆیان چونکە تازە ناگەڕێنەوە.

(٢٨) تازە بێ سوودە ئاوات خواستن، چونکە ئەوەی کە زوو شاردبویانەوە هەموی ئاشکرا دەبێت خۆ ئەگەر جارێکی تریش ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ دنیا بێ گومان دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو رەوشتە ناپەسندەی پێشویان واتە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دنیا ئەوە نەبێ کەئەوانە تەوبە بکەن نەخێر بە زوویی ئەو سزاو سەختیانەیان لە بیر دەچێتەوەودەست دەکەنەوە بە ئیشی خراپ و بێ باوەڕی ، وە بە راستی ئەوانە درۆزنن ئەگەر بە راستی باوەڕیان بوایە بە خواو بە رۆژی دواییوخوایان بە خاوەن هێزو دەسەلات بزانیایە دژایەتی خوایان نەدەکرد بەڵکو ئەوان وادەزانن ژیان هەر ئێرەیەو حیساب و کتابێك لە ئارادانیە وەك خوا باسیان دەکاتودەفەرموێ :

(٢٩) خۆ دەڵێن زیندەگی نیە بێجگە لە ژیانێکی دنیاییو ئیتر ئێمە کە مردین زیندو نابینەوە ئەمە لە دنیادا وا دەڵێن.

(٣٠) جا ئەی بینەر کاتێ کە ئەوان ئەبینی کە لە دادگای پەروەردگاری خۆیان دانو خوا دەفەرموێ: ئایا ئەمە شتێکی راست نەبوو کە لە دنیادا پێمان وتن: کە ئێوە زیندوو دەکرێنەوەودادگای دەکرێن؟ دەڵێن: بەڵێ وە الله ی سوێند بە پەروەردگارمان، قسەیەکی راستودروست بوو بەلام ئێمە لاساریمان کرد خوا دەفەرموێ: دەی بچەژن سزا ، ئیتر سوێند خواردنتان سودی نیە بە هۆی ئەوە کە ئێوە بێ باوەڕ بوون لە دنیادا کەوابوو دان پێدانانی ئەمڕۆتان بێ کەڵکە بۆتان لەم ئایەتانە چەند شتێکمان بۆ دەرکەوت یەکەم : ئاگری جەهەنەم هەیە. دوهەم : قسە لە گەل خوادا دەکرێت با کابرایش بێ باوەڕ بێت، بەلام چونیەتیەکەی نازانین. سێهەم : بێ باوەڕان دان دەنێن بە بێ باوەڕی خۆیاندا. چوارەم : لە پاش مەرگ گەڕانەوە بۆ ئەم دنیایە بۆ ئیش کردن نیە ئینجا دەفەرموێ :

(٣١) بە راستی زیانیان کردوە ئەو کەسانەی کە بێباوەڕ بوون بە گەیشتن بە خوای خۆیان هەتا قیامەتیان هات بە کتو پڕی. ئینجا وتیان ئەی هاوار بۆ ئێمە لە سەر ئەو کەمتەر خەمیو کۆتاییانەی کە کردومانە ئەوان ئەو کاتە گوناهەکانیان بە کۆڵی خۆیان هەڵ دەگرن ، ئاگادار بن بە راستی بارێکی خراپیان بە کۆڵەوەیە لەو رۆژەدا وا دیارە ئەم گوناهانە هەموو دەکرێن بە تەنودەکرێت بە بار بۆ خاوەنەکەیو ئەو دەبێ بە کۆڵی خۆی بەم لاو لادا بگەڕێنێت ئینجا خوای میهرەبان کەم تەمەنیوبێ کەڵکی ژیانی دنیامان بۆ باس دەکاتودەفەرموێ :

(٣٢) خۆ ژیانی دنیا بێجگە لە گاڵتەو گەمەو سەرگەرمییەك شتێکی تر نیە، هەروەك چۆن منداڵان

گاڵتەو گەمە دەکەن‌و لە دوای دا بێ تاقەت دەبن‌وهەر کەسێك بەرەو شوێنی خۆی دەڕواتەوە. وە ماڵی رۆژی دوایی چاکترە بۆ ئەو کەسانەی کە لە خوا دەترسن و پەرهیزکارن دەی ئایا ئێوە عەقڵتان نیە کە بیر بکەنەوەو ئەم راستیانە بزانن و کات و ژیان و ماڵی خۆتان بە فیڕۆ نەدەن‌وبەر لە هاتنی حیساب حیسابێك بۆ خۆتان بکەن؟ بەڵێ ، دنیا کاتێ چاکە کە مرۆڤ ئیشی چاکی تێدا بکات چونکە دنیا کێڵگەی قیامەتە، ئەگەر بۆ ئەوە نەبێ ئیتر ژیانی دنیا سەراپا زیانە چونکە گەورەوبچوکی حیسابی لە سەرە هەروەك پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: { لَوْ كَانَتْ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ الله جَنَاحَ بَعُوضَةٍ مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ /الترمذی. صححه الألباني / ئەگەر بێت‌ودنیا هەر هەموی بە ئەندازەی پەڕی مێشولەیەك لای خوا نرخی هەبوایە خوای گەورە نەی دەهێشت کە کافر یەك قومە ئاوی لێ بخواتەوە} واتە دنیا هیچ نیەو دوا کۆتایەو لە سەر چاکەی حیساب هەیەولە سەر خراپەی تۆڵە هەیەو ئەم ژیانە بە هەزاران ئاواتی ناو دەرونتەوە دەبێ بارگەو بنە بپێچیتەوەو بەرەو خانوی هەمیشەیی بڕۆیت‌و لە پێشگای پەروەردگاری داناو زانا دا بتوەستێنێت‌و پرسیاری گەورەو بچوکت لێ بکرێ‌وئاشکراو پەنامەکییەکانت هەموی دەربخرێت، ئینجا خوای داناو میهرەبان دڵخۆشی پێغەمبەری ئازیزمانﷺ دەکات‌و دەفەرموێ:

(٣٣) ئەی محمدﷺ بەراستی ئێمە دەزانین ئەو قسانەی کە ئەوان دەیکەن تۆ زۆر غەمبار دەکات ئەوسا بە بێگومان کەئەوان تۆ بە درۆ ناخەنەوەو تۆیان پێ راستگۆیە بەڵام ئەو ستەمکارانە ئینکاری ئایەتەکانی ﷲ دەکەن چونکە پێغەمبەر ﷺ زیاتر لە چل ساڵ لە ناو ئەوانەدا بوەو ناوبانگی بە (محمد الامین) دەرچووە جائەوان دەزانن کە محمد ﷺ درۆ ناکات بەڵام ئەوانە بێ باوەڕن بە قسەی ﷲ دەڵێن: ئەبو جەهل وتی: ئەی محمد ئێمە تۆ بە درۆزن نازانین بەڵام باوەڕمان بەوەی کە تۆ هێناوتە نیە ئینجا خوا ئەم ئایەتەی سەرەوەی نارده خوارەوە دیسان دڵخۆشی پێغەمبەرمان دەکاتﷺودەفەرموێ:

(٣٤) ئەوسا بە راستی بە درۆ خراونەتەوە پێغەمبەرانێ کە لە پێش تۆدا بوون جا ئەوانیش خۆیان گرتوە لە سەر ئەو بە درۆ خستنانەوەیان‌و ئازار دراون هەتا یارمەتی ئێمەیان بۆ هاتوەو سەرکەوتون بە سەر دوژمنەکانیان داو هیچ گۆڕێنەرێکیش نیە بۆ بڕیارەکانی خوا کەبڕیاریشی ئەوەیە کە ئایین و پێغەمبەرەکانی سەرکەوێت ، دەی ئەی محمدﷺ دڵنیابە کە تۆش سەرئەنجام سەردەکەویت ، وە بەراستی هەواڵی پێغەمبەرانی پێش خۆتت پێگەیشتوە کە گەلەکەیان چۆن رەفتاریان لە گەڵدا کردون‌و سەرئەنجام ئەوان سەرکەوتوون‌و خراپەکاران‌و دوژمنانیان تەفرو تونا کراون‌و لە ناو چوون ، واتە تۆیش خۆت بگرەو بەردەوام بە لە سەر بانگەوازەکەت‌و دڵتەنگ مەبە بە قسەو قسەلۆکی بێ باوەڕان جا هەر وەك دڵخۆشی دەکات لە پەلە کردن‌و خۆ نارەحەت کردن سەبارەت بە باوەڕ نەهێنانی گەلەکەی دەیترسێنی‌ و دەفەرموێ :

(٣٥) خۆ ئەگەر تۆ پشت تێکردنی ئەوانت بەلاوە سەختەو نارەحەتیت کە ئەوان لەم قورئانە رادەکەن‌و بە گوێت ناکەن‌و باوەڕ ناهێنن دە فەرمو ئەگەر دەتوانیت زەوی کون بکەیت‌وبە ژێریا بڕۆیت بڕۆ کونی بکەو تا کوێ ئەڕۆی بڕۆ یان پلەکانەیەك دابنێ‌وبڕۆ سەر کەوە بۆ ئاسمان ئەوسا نیشانەیەکی وایان بۆ بهێنە کە نەتوانن باوەڕت پێ نەکەن، ئاشکرایە کە پێغەمبەرﷺ ئەوەی پێ ناکرێت واتە : نابێ تۆ خۆت نارەحەت بکەیت و نیگەران ببیت لەوەی کە ئەوان باوەڕ ناهێنن، تۆ تەنها گەیاندنت لە سەرەوهیچی تر چونکە ئەگەر خوا ئارەزۆو بکات هەمویان کۆ دەکاتەوە لە سەر هیدایەت‌و ڕێگای راست ، بەڵام خوا بڕیاری نەداوە کە بە زۆر کەس ڕێنمایی بکات چونکە ئەم دنیایە بۆ تاقیکردنەوە دروست کراوە جا ئەگەر خوا کەسێکی بە زۆر موسڵمان کرد یان بە پێچەوانەوە کەسێکی بە زۆر کافر کرد خەڵکی تر دەتوانن لە رۆژی دواییدا بڵێن: خوایە ئەی بۆ ئێمەیشت موسڵمان نەکرد یان کافرەکە دەڵێ: خوایە تۆ بە زۆر منت کافر کردوە من تاوانم چیە کەوابوو هەموو کەس بەهانەی دەمێنێ بۆ قیامەت دنیاش وەك وتمان بۆ ئەوە دروست بوە کە کەس بەهانەی نەمێنێ لە رۆژی

۞ إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ
يُرْجَعُونَ ﴿٣٦﴾ وَقَالُواْ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۚ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ
قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةً وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٧﴾ وَمَا
مِن دَآبَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ۚ
مَّا فَرَّطْنَا فِى ٱلْكِتَٰبِ مِن شَىْءٍ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴿٣٨﴾
وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ ۗ مَن يَشَإِ ٱللَّهُ
يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٩﴾ قُلْ
أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ ٱلسَّاعَةُ أَغَيْرَ ٱللَّهِ
تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤٠﴾ بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا
تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَآءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ ﴿٤١﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ
إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ
﴿٤٢﴾ فَلَوْلَآ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُواْ وَلَٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ
وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ فَلَمَّا
نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ
حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُواْ بِمَآ أُوتُوٓاْ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾

قیامەتا وە ئەم ئایەتەوشێوەکانی بەڵگەی بێ سنوری دەسەڵاتی خوا پێشان دەدات نەك مانای وایە کە خوا نایەوێت خەڵك موسلمان بێ واتە خوادەتوانێ هەمو کەسێك موسڵمان بکات یان کافری بکات بەڵام لە ئەزەلدا بڕیاری دا وە کە ئەوە نەکات تا هەر کەس بە ئارەزۆی خۆی بێ لە گرتن‌ونەگرتنی رێگای راست دا. ئینجا خوای گەورە توندتر ڕوو دەکاتە پێغەمبەرمانﷺ ودەفەرموێ: تۆ خۆت نەخەیتە ریزی نەزانانەوە و هەڵوێستت وەك هەڵوێستی نەزانەکان نەبێت. ئینجا خوای داناو میهرەبان زیاتر دڵی پێغەمبەرمان ﷺ دەداتەوەو سنوری ئیشەکانی بۆ دیاری دەکات‌و دەفەرموێ: ئەرکی سەر شانی تۆ گەیاندن‌و ڕۆشن کردنەوەی خەلکەو هیچی تر بانگەوازکەرانی ئایینی ئیسلام پێویستە بە چاکی ئەم ئەرکەی خۆیان بزانن و بەرژەوەندی (المصلحة) نەکەن بە بەهانە بۆ لادان لە دەقی ئایەت‌و فەرمودەی پێغەمبەرمانﷺ بانگ کەر (داعی) گەیاندن‌و رۆشن کردنەوەی لە سەرە ئیتر پەیرەوی کردن‌و کەم وزیاد بوونی خاوەن باوەڕان بە دەست ئەو نیەولەو سنورە تێ نەپەڕێت هەر کەسێك خۆی ئامادە نەبێت بۆ وەرگرتنی ئایین ئاینیش خۆی لەو نزیك ناکاتەوە وەك دەفەرموێ:

(٣٦) ئەو کەسانەی کە خۆیان دەیانەوێت گوێ بگرن لە تۆو راستی بزانن هەر ئەوانە جوابت دەدەنەوەو باوەڕ دێنن بەڵام ئەوانی تر مردون‌و مردوش قسە نابیستێ چ جای ئەوەی باوەڕ بهێنێت ، وئەو مردوانەش خوا لە رۆژی قیامەتدا زیندویان دەکاتەوەو ئەوەی باوەڕیان پێ نەکردوە بە چاوی خۆیان دەیبینن، ئەمە گاڵتە کردنە بە بێ باوەڕان واتە با هەر خۆیان بێ ئاگا بکەن رۆژێك دادێت کە بە ئاگا بکرێن کە رۆژی قیامەتە وەك دەفەرموێ: لە پاشان ئەوانە بۆ لای خوا دەگەڕێنەوەو ئەو حیسابی بێ باوەڕیان لە گەلدا دەکات.

(٣٧) جا ئەوان دەیان وت: جا با ئایەتێکی لە لایەن پەروەردگاریەوە بۆبهاتایە، ئاشکرا یە کە قورئان‌و هەڵسوکەوتی رۆژانەی پێغەمبەرمان ﷺ گەورەترین بەلگە بوو لەسەر راستی‌و دروستی پێغەمبەرو بەرنامەکەی، بەڵام ئەوان مەبەستیان ئەو شتانە بوو کە خۆیان داوایان دەکرد وەك لە سورەتی فورقان / ٧- ٨ولە سوەتی الاسرا /٩-٩٣ دایە ئینجا دەفەرموێ: پێیان بڵێ: کە بێگومان ﷻ دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە ئایەتێك بنێرێ هەموتان ناچار بکات بە باوەڕ هێنان جا ئەگەر زانا بونایە داوای ئەو جۆرە نیشانانەیان نەدەکرد چونکە ژیانی دنیا بۆ تاقیکردنەوەیە نەك بۆ زۆرە ملێ ئینجا خوای دانا سرنجمان بۆ گیاندارەکانی چوار دەورمان ڕادەکێشێ‌و دەفەرموێ:

(٣٨) ئەوسا هیچ شتێك نیە لە سەر ئەم زەوییەدا بگەڕێت‌وهیچ باڵندەیەك نیە کە بە دوو باڵی بفڕێت جگە لەوەی کە ئەوانیش هەمویان گەلانێکن وەك ئێوەو دروست کراوو بەندەی خودان‌و بەرنامەیەکی تایبەتی خۆیان هەیەو بە گوێرەی بەرنامەی خۆیان رەفتار دەکەن بە راستی خوای داناوئاگا هەرچی پێویست بێت بۆ ژیانی ئێمە لەم سەرخاکەدا بۆی داناوین‌و باسی کردوەو خراپەکانی بۆ دیاری کردوین‌و دەفەرموێ: ئێمە کۆتایمان نەکردوە لەم کتێبەدا لە بارەی هیچ شتێکدا جا ئەگەر مەبەست لەو کتێبە (لوح المحفوظ) بێت ئاشکرایە هەموو شتێکی تیدا

نوسراوە بە گەورەو بە بچوکەوە، وە ئەگەر مەبەست لەم کتێبەش قورئان بێت واتە ئەوەی کە مرۆڤ پێویستی پێی هەبێت بۆرزگار بوونی لە سزای دنیاوقیامەت هیچ کەمتەر خەمیو کۆتایی نەکراوەو هەمووی تێدا دیاری کراوە کەوابوو ئەوەی کە لەم کتێبەدا باسی نەهاتوە ئەوە شتێکی پێویستی مرۆڤ نیە لە بواری بیرو باوەڕو بەندایەتیدا، بۆیە پەروەردگار رازی نابێ کە ئێمە بەرنامەو یاسایەکی تر بۆ خۆمان هەڵبژێرین چونکە هەر ئەوچاکمان دەناسێتو دەزانێت چیمان بۆباشە، لە پاشان هەمویان بەرەو لای پەروەردگاری خۆیان کۆ دەکرێنەوە بۆ حیساب جا ئەگەر بێتو نەختێك وردببینەوە لە ژیانی گیانداران دەبینین بە شێوەیەك دەجوڵێنەوە زۆر گرنگوسرنج راکێشە، بۆ نمونە مرۆڤ ئەو هەموو هۆی پاك وخاوێنیەی ناسیوەو دروستی کردوە کەچی هێشتا نەیتوانیوە ژینگەی خۆی نیوە بە نیوە پاك بکاتەوە بەڵام مێش هەنگەکان ئەوەندە پاكوخاوێننوئیشیان رێکە ریشانەوەکەی ئەوان بۆ ئێمە دەرمانە، چۆلەکەیەك کە هێلانەیەکی دروست کرد بۆ خۆی تاقمێکی تر ناچن داگیری بکەن، مانگایەك چەند گا دوای دەکەوێت کاتێ یەکێکیان لێی پەڕی ئیتر یەکێکی تری ناچێ بە دەوریا ، حەیوانێك یان پشیلەیەك ئەگەر خواردنێکی پێ بدرێت زۆر بە هێواشیو لە سەر خۆو بێ خۆ شاردنەوە خواردنەکە دەخوات بەڵام ئەگەر خۆی بچێتە سەر ئەو خواردنە هەر کە خاوەن خواردنەکەی دی ڕا دەکات ، چونکە جاری یەکەم هەست بەئەوە دەکات کە ئیشەکەی خراپ نەبووە بەڵام لە جاری دووهەم دا دەزانێ کەئیشەکەی هەڵەیەوخۆی بە شیاوی تۆڵەو سزا دەزانێ بۆیە رادەکات، ئەم مێشولە بچوکانە جگە لەوەی کەزانست شتی گرنگی لەبارەوەیانەوە بۆدەرکەوتوە ئەڵێن جارێکیان موسا وتی: خوایە بۆ لە باتی ئەواندا زەلامێکت دروست نەکردوە؟ دەڵێن: خوا بە موسای فەرموە ئەی موسا ئەو مێشولانەش وا بە تۆ دەڵێن : دەڵێن: یا رەبی ئەو شتە گەورەیە چیە دروستت کردوە لەوانەیە زۆر بە کەمی یادت بکات خۆ ئەگەر تەنیا کەللە سەری ئەوت بکردایە بە مێشوولە بە دەیان ملیۆن مێشولەی لێ دروست دەبوو هەر لەحزەی دەیان ملیون جار یاد وزیکری تۆیان دەکرد ئەگەر چی ئەمە چیرۆکێکە راستوناراستی هەر خوادەزانێت بەڵام بێ گومان ماناکەی راستە بۆیەهێنامان چونکە دروست کراوەکانی خوا هەمویان یادی خوا دەکەن وەك لە سورەتی (الاسرا / ٤٤) دا دەفەرموێ: ﴿ هەر حەوت ئاسمانەکانو زەویوئەوەش کە لە ناو ئەواندایە تەسبیحاتی خوا دەکەن وە هیچ شتێك نیە کە تەسبیحات و سوپاسی ئەو نەکات بەڵام ئێوە تەسبیحاتی ئەوان دەرك ناکەن بە راستی ئەو بە حەوسەڵەیەو پەلە ناکات لە تۆڵە سەندنەوەی بەندەکانیو لێ خۆشبوە لە تاوانیان﴾ لەم ئایەتەوە بەچاکی رۆشنە کە ئەم قورئانە کەلامی خوایەو ئەوەی پێویستی مرۆڤ بێت تا قیامەت باسی لێوە کراوەو مرۆڤ پێویستی بە یاساو رێسایەکی تر نیە چونکە مرۆڤ نە لە خوا زاناترەو نە لەو چاکتر دەزانێ یاسا دابنێت، جا ئەوانەی کە لادەدەن لەم قورئانە بەڵگەی ناتەواوی قورئان نیە بەڵکو بەڵگەی نەزانینی ئەوانە وەك لێرەدا دەفەرموێ:

(٣٩) ئەوانەی کە بێ باوەڕن بە نیشانەکانی ئێمە کەڕنو لاڵنو وان لە ناوتاریکاییەکانی هەوەس بازی ودنیا پەرستیو خۆ پەرستیونەفامی دا هەر کەسێك کە خوا ئارەزۆ بکات بۆ گومڕا کردنی گومڕای دەکات، وە هەر کەسێکیش کە خوا ئارەزۆ بکات کە رێنمایی بکات لە سەر رێگای راست دای دەنێ، بەڵام وەك چەند جاری تر وتراوە خوا ئەمە ناکات ئەگەر چی خوا ئارەزۆی هەرچی لێ بێت دەیکاتو کەس ناتوانێ دەست بخاتە کاریەوەو رێگای لێ بگرێت، ئەم جۆرە ئایەتانە بەڵگەی دەسەڵات و هێزی بێ سنوری خودان. ئینجا خوای خاوەن دەسەڵات ودانا دەفەرموێ:

(٤٠) ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: ئادەی پێم بڵێن: ئەگەر سزای خواتان بۆ بێت لە دنیادا یان کوتوپڕ قیامەت بێت ئایا ئێوە پەنا بۆ بێجگە لە خوا دەبەن کەبێت بەهاوارتانەوە؟ واتە ئایا پێتان وایە کە کەسێکی تر لەو کاتەدا دەتوانێت بە هاوارتانەوە بێتو ئیشێکی ترتان بۆبکات؟ ئەگەر ئێوە راست دەکەن وەڵامی بدەنەوە، ئەوەتە هەر لە دنیادا کاتێ کە روداوێکی سەخت رودەدات ئێوە هەر هاواری خوا دەکەن کە لای دات لە سەرتان.

فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْۚ وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾
قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِنۡ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمۡعَكُمۡ وَأَبۡصَٰرَكُمۡ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم
مَّنۡ إِلَٰهٌ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَأۡتِيكُم بِهِۗ ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ
ثُمَّ هُمۡ يَصۡدِفُونَ ﴿٤٦﴾ قُلۡ أَرَءَيۡتَكُمۡ إِنۡ أَتَىٰكُمۡ عَذَابُ ٱللَّهِ
بَغۡتَةً أَوۡ جَهۡرَةً هَلۡ يُهۡلَكُ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٧﴾ وَمَا
نُرۡسِلُ ٱلۡمُرۡسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَۖ فَمَنۡ ءَامَنَ وَأَصۡلَحَ
فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٤٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا
يَمَسُّهُمُ ٱلۡعَذَابُ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ ﴿٤٩﴾ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمۡ
عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ إِنِّي مَلَكٌۖ
إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۚ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُۚ
أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴿٥٠﴾ وَأَنذِرۡ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحۡشَرُوٓاْ
إِلَىٰ رَبِّهِمۡ لَيۡسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ
﴿٥١﴾ وَلَا تَطۡرُدِ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ
وَجۡهَهُۥۖ مَا عَلَيۡكَ مِنۡ حِسَابِهِم مِّن شَيۡءٖ وَمَا مِنۡ حِسَابِكَ
عَلَيۡهِم مِّن شَيۡءٖ فَتَطۡرُدَهُمۡ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٢﴾

(٤١) نەخێر لەو کاتەدا تەنها هەر هاواری ئەو دەکەن و هەمو شتێکی ترتان لە بیر دەچێتەوە جا ئەگەر ئارەزۆی لێ بێت لای دەبات ئەوەی کە ئێوە لە دەستی ئاهو ناڵەتانەو لەحاڵێکدا لەو کاتەدا لە ترسا هەرچیتان کردوە بە هاوەڵی خوا لە بیرتان دەچێتەوەو دەڵێن" هەر خوا خوایەو هەمووی کاو بایە ".

(٤٢) بە راستی ئێمە بۆ گەلانی پێش تۆش ئەی محمدﷺ پێغەمبەرانمان رەوانە کردوە ، بەڵام ئەوان دژایەتیان کردوون‌وبە گوێیان نەکردون ئینجا ئێمەیش ئەوانمان تاقی کردوەتەوە بە شەڕوهەراو بەزم ونارەحەتی و بە زیانی گیانی‌وماڵی بۆ ئەوەی کە ئەوان هاوار بکەنە لای خوا تا بەڵکو بەو هۆیەوە ڕوو بکەنەوە خواورێگای راست بدۆزنەوە واتە سزاو نارەحەتی دنیایی بۆ ئەوەیە کە خەڵکی بیر بکەنەوە لە سەرچاوەی هەستی‌و گۆڕێنەری بارو دۆخەکان کە خوایەو بیناسن‌و بگەڕێنەوە بۆلای‌و ڕێبازەکەی بگرن،. ئەوەتەدووبارە لێرەدا دەفەرموێ:

(٤٣) ئای ئەو کاتەی کە هاتە لای ئەوان سزای ئێمە دەبوایە ئەوان هاواری خوایان بکردایە بە ڕێك وپێکی‌وبە ئیخلاسەوە، بەڵام ئەوان دڵیان زۆر ڕەق بوو شەیتان ئەوەی کە ئەوان کردبویان لە ئیشی خراپە بۆیانی جوان کردبوو نەیدەهێشت کە بیر لە سەرئەنجامی خۆیان بکەنەوە. جا خوا دەفەرموێ:

(٤٤) جا لە بەر ئەوەی کە ئەوپەندو ئامۆژگاریەی کەبۆیان کرابوو لە بیر یان بردەوەو لە تاوان‌وخراپەکاری نەگەڕانەوە ئەوسا دەرگای هەمو شتێکمان لێ کردنەوە لە چاك‌ولە خراپ هەتا لە خۆبایی بون بەوەی کە پێمان دان‌و دەستیان دایە کەیف و رابواردن بەشێوەی نارەوا ئەوسا ئێمەش لە ناکاودا ئەوانمان گرت‌وتۆڵەمان لێ سەندن ئیتر ئەوانیش بە تەواوی نائۆمێد بوون لە هەموو شتێك‌و هیوایان بڕا ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوە کە ئەگەر هات‌ومرۆڤەکان روویان کردە کوفرو تاوان‌وخراپە کاریەوە خوا ئەوەندە لە سەر خۆی‌و میهرەبانە ژیانی چاکیان پێ دەدات تا ماوەی تەمەنیان تەواو دەکەن، ئینجا بارگەو بنەیان بۆ دەپێچێتەوە دەیان هێنێتەوە بۆ حیساب‌ودادگایی کردنیان. پێغەمبەرﷺدەفەرموێ: { إِذَا رَأَيْتَ اللهَ يُعْطِي الْعَبْدَ مِنْ الدُّنْيَا عَلَى مَعَاصِيهِ مَا يُحِبُّ فَإِنَّمَا هُوَ اسْتِدْرَاجٌ ثُمَّ تَلَا رَسُولُ اللهِ ﷺ ﴿ فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ ... ﴾ /احمد، صححه الألباني/ هەر کاتێ کە دیتان خوا ماڵ ئەدات بە بەندەیەکی خۆی کە خراپەو تاوان دەکات بزانن کەئەوە ئیستدراجە واتە خوا پلە بە پلە دەیبات‌وبەرزی دەکاتەوە تا کۆتایی دێت ئینجا دەیخات‌وپشتی دەشکێنێ. لەپاشان پێغەمبەری خوا ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ ... ﴾ } بەڵام زۆر مرۆڤی ساویلکە هەیە بەوە دەخەڵەتێت‌و دەڵێ فلانە کەس خوا نیعمەتی زۆری پێداوەوخۆشبەختە ئیترنازانێت کە ئەوە تاقیکردنەوەی دنیایەو بەم زوانە قارون ئاسا خۆی‌و سەروەت‌و سامانی لە ناو دەچێت. دەبێ ئەوەش بزانین کەئەگەر کابرا رووی کردە دینی خوا بە تەواوی ئەوە خوا دەرگای هەموو خێرێکی بۆ دەکاتەوە بەڵام لەم ئایەتەدا چونکە مەبەست کافرانە دەفەرموێت دەرگای هەموو شتێکی بۆ دەکاتەوە واتە دەرگای خێرو شەڕ لە

کافران دەکرێتەوەو سەر ئەنجام لە ناو دەبرێن. وەك دەفەرموێ:

(٤٥) ئەوسا هەموو گەلێ کە ستەمکار بوون لە ناوبران وسەر زەویان لێ پاك کرایەوە کە ئەمەش یەکێکە لە نیعمەتە فرەوانەکانی خواو بەڵگەی هێزو دەسەڵاتی بێ سنوری خوایەوبەڵگەی دادگەری پەروەردگارەو نایەڵێ کەس بەبێ دادگایی کردن رزگاری ببێ ، وە سوپاس بۆ خوا کە پەروەردگاری عالەمە کە ئاوەها تۆڵە لە ستەمکاران دەسێنێت و پیاوی چاك وزەوی رزگار دەکات لە دەستیان.

(٤٦) ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: خەبەرم بدەنێ ئەگەر خوای گەورە هۆی بیستنی ئێوە لاببات وکەڕتان بکات و هێزی بینینی ئێوە لاببات و کوێرتان بکات و مۆر بنێ بە سەر دڵەکانتانداو راستی وەرنەگرن کام خوا هەیە بێجگە لە (الله) کە چاوو گوێتان بداتێ وئەو پەردەیە لە سەر دڵتاندایە لاببات؟ تەماشا بکە کە ئێمە چۆن پەیتا پەیتا نیشانەکانی خۆمان دەگۆڕین وراستیان بۆ رۆشن دەکەینەوەو ئەو هەموو باسە جۆراو جۆرانەیان بۆ دەکەین تا روو بکەنە ئایین وخوا پەرستی کەچی هێشتا ئەوان لە باتی باوەڕ هێنان پشت دەکەنە دینی خوا.

(٤٧) ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: خەبەرم بدەنێ ئەگەر سزای خوا هات بۆتان بە کوت وپڕی یان هەروا بە ئاشکراو لە بەر چاوی خۆتان دا سزای خوا بتان گرێتەوە ئایا چی دەکەن ودەسەڵاتتان چییە؟ ئایا لە ناو دەچێت بێجگە لە گەلی بێ باوەڕی ستەمکار؟ واتە تەنها ستەمکاران لە ناو دەچن دەبا لە خوا بترسن، چونکە رۆژێکی رەش چاوەڕوانیانە لێرەدا پرسیارێك سەر بەرز دەکاتەوەو دەڵێ: مەگەر خوا نافەرموێت ﴿ وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنكُمْ خَاصَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ /الأنفال: ٢٥ / ئێوە خۆتان بپارێزن لە خراپەو شرك چونکە وەختێ سزا هات تەنها ستەمکاران وموشریکان ناگرێتەوە بەڵکو چاکەکانیش دەگرێتەوەولەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ﴿ هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا الْقَوْمُ الظَّالِمُونَ ﴾ الأنعام: ٤٧ بێجگە لە گەلی ستەمکارو موشریك کێ بە هیلاکدا دەچێت؟ لە رواڵەتدا ئەم دوانە دژی یەکن لە وەڵامدا دەڵێین: هیلاك لێرەدا بە مانای زیان و خەسارەتێکی وایە کە قەرەبوو ناکرێتەوەو بە هیلاك چوو رۆژێکی خۆش تر بە خۆیەوە نابینێ ئاشکرایە ئەوە پاشە رۆژی موشریك وبێ باوەڕانە، وشەی (ظالم) لێرەدا بە مانای موشریکە لە ئایەتی(٢٥) سورەتی ئەنفال بۆ خراپە تاوانە بەگشتی و خاوەن باوەڕ توشی سزای دنیا دەبێت بەهۆی تاوانی ستەمکارانەوە بەڵام پاشەرۆژیکی روناك چاوەڕوانیەتی و لە رۆژی قیامەتیشدا ئەو موسڵمانانە قازانج دەکەن بەو مەرجەی کە لەدنیادا ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر بە خواو بەئایین ئەنجام دابێت کەوابوو رووی ئایەتەکان جیان لە یەکتری. ئینجا دەفەرموێ:

(٤٨) ئێمە پێغەمبەرانمان هەر بۆ ئەوە رەوانەکردوە کەموژدە دەری بەهەشت بن بو ئەو کەسانەی کە چاکە دەکەن و ترسێنەری دۆزەخ بن بۆ ئەو کەسانەی کە خراپە دەکەن جا ئەو کەسەی کە باوەڕی هێناو ئیشی چاکی کردبێت ئیتر ئەوانە ترسیان نیەو لە رۆژی قیامەتیشدا خەم ناخۆن ، لێرەدا ئەوەمان تێ دەگەیەنێ کە خاوەن باوەڕی راستەقینە بێ ترسە لە دنیاداو باکی لە ستەمکاران و دەسەڵات و هێزیان نیەو ئارامە لە کارو تەلاشی پاشەرۆژی دا بەڵام دەگونجێ لە دنیادا خەمگین بێت لە سەر زۆر شت چونکە بەشەرەو بەشەریش خۆشی و ناخۆشی کاری تێ دەکات بۆیە نەیفەرمو: خەمگینی نیەبۆیان، فەرموی لە ئایندەدا خەم ناخۆن کە رۆژی قیامەتە.

(٤٩) جا ئەوکەسانەی کە بێ باوەڕن بە نیشانەکانی ئێمە سزایان پێ دەگات بە هۆی ئەوەی کە دەرچوون لە سنوری خواوئاینەکەی.

(٥٠) ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: من ناڵێم بە ئێوە کە خەزینەکانی الله لە لای منەو هەر کەسێك موسڵمان بێت ئیتر ژیانی خۆش دەکەم و من ناڵێم کە غەیب دەزانم ، ئەو شتەی کە خوا خۆی بە منی نەفەرموبێت من هیچ شتێکی لێ نازانم ، ومن ناڵێم کە من فریشتەم بەڵکومنیش بەشەرێکم وەك ئێوە کەمن هەرپەیرەوی لە ئەوە دەکەم

وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ
عَلَيۡهِم مِّنۢ بَيۡنِنَآۗ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَعۡلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٥٣﴾ وَإِذَا
جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلۡ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۖ كَتَبَ
رَبُّكُمۡ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَ أَنَّهُۥ مَنۡ عَمِلَ مِنكُمۡ سُوٓءَۢا
بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٥٤﴾
وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ وَلِتَسۡتَبِينَ سَبِيلُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿٥٥﴾
قُلۡ إِنِّي نُهِيتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۚ قُل لَّآ أَتَّبِعُ
أَهۡوَآءَكُمۡ قَدۡ ضَلَلۡتُ إِذٗا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴿٥٦﴾
قُلۡ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبۡتُم بِهِۦۚ مَا عِندِي مَا
تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦٓۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ يَقُصُّ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ خَيۡرُ
ٱلۡفَٰصِلِينَ ﴿٥٧﴾ قُل لَّوۡ أَنَّ عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِيَ
ٱلۡأَمۡرُ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۗ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٨﴾
۞ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ وَيَعۡلَمُ مَا فِي
ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۚ وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا وَلَا حَبَّةٖ
فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡأَرۡضِ وَلَا رَطۡبٖ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ﴿٥٩﴾

که وه‌حی ده‌کرێته لامو‌ته‌نها راسپارده‌ی خۆم راده‌گه‌یه‌نم. ئه‌ی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئایا کوێرو چاو ساغ وه‌ك یه‌کن؟ ده‌ی بۆ بیر ناکه‌نه‌وه‌و ئه‌م راستیانه بزانن؟. ئینجا خوای گه‌وره داوا له پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌کات که به‌رده‌وام بێت له سه‌ر بانگه‌وازه‌که‌ی خۆی‌وده‌فه‌رموێ:

﴿٥١﴾ جا بیان ترسێنه ئه‌ی محمد ﷺ به‌و قورئانه‌ی که پێمان سپاردویت ئه‌و که‌سانه‌ی که ده‌ترسن که کۆبکرێنه‌وه له پێشگای په‌روه‌ردگاری خۆیاندا. وه ئه‌م ترساندنه بۆ هه‌موو که‌سه به‌ڵام چونکه هه‌ر ئه‌وان سودی لێ وه‌رده‌گرن بۆیه باسی ئه‌وانی کردوه، که له‌و رۆژه‌دا بۆ ئه‌وان نیه هیچ دۆستێك که پاڵپشتیان بێت ، وه هیچ که‌سێکیان نیه که تکایان بۆ بکات هه‌تا خوا ئیجازه نه‌دات به‌ڵکو خۆیان بپارێزن له شرك‌وتاوان‌وخراپه تا بپارێزرێن له سزاو تۆڵه‌ی سه‌ختی دوا رۆژ. عه‌بدوڵا ی کوڕی مه‌سعود ده‌ڵێ کۆمه‌ڵێ له پیاو ماقوڵانی قوره‌یش دایان به لای پێغه‌مبه‌ردا ﷺ وسوهه‌یب و بیلال و عه‌مار وخه‌باب و چه‌ند که‌سێکی تر له موسڵمانانی هه‌ژارو لاوازی لا بوو وتیان : ئه‌ی محمد ﷺ : ئایا تۆ ئه‌مانه‌ت به‌لاوه باشتره له گه‌له‌که‌ی خۆت؟ ئایا ئه‌وانه که‌سانێکن که خوا له نێوان ئێمه دا هه‌ڵی بژاردوون؟! ئایا ئێمه بێین ببین به په‌یڕه‌وانی ئه‌وان؟ تۆئه‌مانه دوور بخه‌ره‌وه له خۆت ئه‌گه‌ر دوریان بخه‌یته‌وه له‌وانه‌یه ئێمه په‌یڕه‌ویت بکه‌ین له وه‌ڵامی ئه‌و جۆره قسه هه‌ڵانه‌دا خوای گه‌وره ئه‌م ئایه‌ته‌ی نارده خواره‌وه که ده‌فه‌رموێ:

﴿٥٢﴾ جا تۆ ئه‌وانه‌دوور نه‌خه‌یته‌وه‌و پاڵ نه‌نێیت به ئه‌و که‌سانه‌وه که خوای خۆیان ده‌په‌رستن به به‌یانیان‌وئێواران واته هه‌میشه به‌ندایه‌تی خوای خۆیان ده‌که‌ن‌وته‌نها خوایان ده‌وێت تۆ هیچ زیانێکت پێ ناگات له باره‌ی ئه‌وانه‌وه‌و کارو کۆششی تۆش نابێ به زیان بۆ ئه‌وان واته هه‌ر که‌س به‌گوێره‌ی ئیشی خۆی حیسابی له‌گه‌ڵدا ده‌کرێت ئه‌وسائه‌گه‌ر بێت‌و تۆ ئه‌وان ده‌ربکه‌یت ئه‌وه تۆ له ریزی سته‌مکاراندا ده‌بیت واته ئه‌ی محمد ﷺ ئه‌گه‌ر تۆ ئه‌و کۆمه‌ڵه فه‌قیرانه ده‌ربکه‌یت له به‌ر خاتری ئه‌وه‌ی که ئه‌و ده‌وڵه‌مه‌ندانه بێن له ده‌ورت کۆببنه‌وه تۆ ده‌چیته ریزی سته‌مکارانه‌وه چونکه ئه‌م ئایینه موڵکی خوای خه‌ڵکه‌و هاتوه بۆ خه‌ڵك له‌م زه‌ویه‌داو هیچ که‌س لای خوا به‌رزو نزم نییه مه‌گه‌ر به به‌ندایه‌تی زیاتر یان خراپه‌ی زۆرتر که یه‌که‌میان زۆرتر به رێزه‌و دووهه‌میان زۆرتر بێ رێزه.

﴿٥٣﴾ هه‌ر ئاوه‌ها ئێمه تاقیان ده‌که‌ینه‌وه هه‌ندێکیان به هه‌ندێکی تریان، مرۆڤه ساده‌و که‌م ده‌سته‌کان باوه‌ڕ دێنن‌و ده‌وڵه‌مه‌نده خۆ به زل زانه‌کان له ئایین‌و له خوا په‌رستی دوور ده‌که‌ونه‌وه تاکو ئه‌مه بکه‌ن به به‌هانه‌یه‌ك‌و بڵێن: ئه‌گه‌ر ئایین چاك بوایه ئه‌وان به‌ر له ئێمه باوه‌ڕیان نه‌ده‌هێنا چۆن ئه‌وان ده‌زانن، که ئه‌مه شتێکی راست و دروسته به‌ڵام ئێمه نازانیین؟ جا ئه‌م قسه‌یه ده‌که‌ن تا بڵێن: ئا ئه‌و ساویلکه‌و نه‌دارانه‌یه که خوای گه‌وره منه‌تی خستۆته سه‌ریان‌ونیعمه‌تی خۆی رژاندوه به سه‌ریانداو له نێوان ئێمه دا له ئایین تێی گه‌یاندون‌و ئه‌وان له ئێمه ژیرترو عاقڵ ترن؟ ئه‌ی ئایا خوا نازانێت که‌کێ به‌راستی سوپاسی **ده‌کات‌و کێیش** گه‌نه‌کاره؟

﴿٥٤﴾ جا هه‌ر کاتێ هاتن بۆ لای تۆ ئه‌وانه‌ی که باوه‌ڕیان هێناوه به نیشانه‌کانی ئێمه ده‌ی تۆ پێیان بڵێ: سه‌لامتان

لێ بێت بە راستی پەروەردگاری ئێوە بڕیاری داوە لە سەر خۆی کەرەحم وسۆزی هەبێ بۆتان، هەر کام لە ئێوە بە نەزانی ئیشێکی خراپ بکات لە پاشان تەوبەی لێ بکات پاش ئەوەی کە ئیشەکەی کردوەو ئیشی باش بکات بەبێگومان کەئەوزاتێکی لێخۆش بوو بە رەحمە بەرامبەرتان، واتە لێتان خۆش دەبێ.

جا تەماشا بکەنو بزانن کە خوای میهربان چ ریزێکی گەورەی دانا بۆ ئەو موسڵمانە سادەو فەقیرانە نەك نابێ لە مەجلیسی پێغەمبەردا دور بخرێنەوە بەڵکو خوا فرمانی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کرد کە هەر کات هاتنە لات تۆ پێیان بڵێ: سلام علیکمو موژدەیان پێ بدە بەو دوو شتە گرنگە کەئەمە بەشێکە لەو سۆزە بێ سنورەی خوا سەبارەت بە خاوەن باوەڕانی سادەوفەقیر، بەڵێ بەراستی هەر خوایە لە کەس ناترسێو هەر کەسێکیش راستی لە گەڵدا بکات نائۆمێدو بێ بەشی ناکات، بە داخەوە ئەو جۆرە هەڵوێستانەش ئێستا هەر ماوە هەندێك کەس گلەیی دەکات و خۆی بە زانا دەزانێتو دەڵێت ئا ئەو منداڵ و ساویلکانە چین کە ئیدعای ئیسلام دەکەنو خۆیان بە شوێن کەوتوی ئیسلام دەزاننو لە بارەی قورئانەوە قسە دەکەن؟ بۆ ئەوان لە ئێمە باشتر دەزانن وە ئەوان لە ئێمە زیاتر ئیسلامیان خۆش دەوێت؟ ئا بەم جۆرە تانەو تەشەردانە ئەیانەوێت کە سەر لە خەڵکی تێك بدەنوماوە نەدەن کە خەڵك بۆ خۆی بیر بکاتەوە ، بە راستی ئەمە قسەیەکی کۆنە لەبەر ئەوە لە سەر داعیانی راستەقینە پێویستە کەرێز لەولاوە دڵسۆزانە بگرنو ئاینیان زیاتر بۆ رۆشن بکەنەوەو ئەو دوو موژدە بە نرخانەشیان پێبدەنو هەمیشە سەلامیان لێ بکەنو ریزیان لێ بگرن هەر پاش ئەم ئایەتانەپێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرمو: {وَ هَلْ تُرْزَقُونَ وَ تُنْصَرُونَ إِلَّا بِضُعَفَائِكُمْ /أحمدوغیره، صححه الالباني/ ئایا رۆزیتان پێدەدرێتو یارمەتی دەرێنو سەر دەکەون ئەگەر بە هۆی لاوازەکانتانەوە نەبێت؟}

(٥٥) هەر ئاوەها ئێمە درێژە دەدەین بە باسکردنی نیشانەکانمان ورۆشنی دەکەینەوە هەتا دەرکەوێت رێگای تاوانبارانو تا تۆ رۆشنی بکەیتەوە کارو تەلاشورێچکەو رێگای تاوانباران. وشەی (سبیل) بە فاعلومەفعول دەخوێنرێتەوە ،بۆیە وامانامان کرد.

(٥٦) ئەی محمد ﷺ بڵێ: من بەرگری کراوم لەپەرستنی ئەوەی کە ئێوە دەی پەرستن بێجگە لە خوا، چونکە هەموویان شتانێکی بێ کەڵك و پڕوپوچن پێیان بڵێ: من دوای ئارەزۆاتی ئێوە ناکەوم بەڵکو من فرمانی خوای خۆم چۆن بوترێت ئاوەها ئەکەم ، بێگومان ئەگەر بێتودوای ئارەزۆاتی ئێوە بکەوم ئیترمن سەر لێ شێواوەو من ئیتر لە سەر رێگای راست نیمو وەك ئێوە شەرمەندەی پێشگای ﷲ دەبم.

(٥٧) پێیان بڵێ: بە راستی من لە سەر رێگاو بەرنامەیەکی رۆشنم لە لایەن پەروەردگاری خۆمەوە، کە زۆر چاك دەزانم چی ئەکەم ، چونکە پەروەردگارم چاکی تێ گەیاندوم لە حاڵێکدا کە ئێوە بێ باوەڕن بەو رێگا رۆشنو بەرنامەو قورئانەی کە من هێناومە، خۆ لە لای من نیە ئەوسزایەی کە ئێوە پەلەی بۆ دەکەنو هیچ بڕیارێك لەم بارەوە نادرێت مەگەر لە لایەن خواوە بێتو کەسی تر مافی بڕیاروحوکمی نیە ئەوەی کە باسی دەکات راستەو هیچ گومانی تێدا نیەو ئەوخۆی چاکترینی هەموو ئەو کەسانەیە کە راستو ناڕاست لە یەك جیا دەکەنەوە. وە ئەمە بڕیارێکی گشتیەوکەس مافی حوکم کردنو حوکم دانی نیە بێجگە لە خوا ، چونکە خۆی دروستکەری ئەم بونەوەرەیەو هەر خۆی مافی بڕیاردانی هەیەوئەم مافەیشی نەداوە بە کەس واتەئەم یاساو حوکمانەی کە ئەمڕۆ دەکرێن هەموی دژی بڕیاری خودایە چونکە ئەو چاکترینی ئەوانەیە کە حەقو ناحەقوراستو ناڕاست لە یەك جیا دەکەنەوە ئیتر کەی رەوایە ئێمە واز لە بەرنامەو یاساکەی ئەو بهێنینو بەرنامەو یاسای کەسانێکی تر هەڵبژێرین کەنازانن بەیانی چییان بەسەردێت؟ ئەوەی کە بێگومان هەموی راست بێ چۆن دەبێ بیگۆڕینەوە بە شتێك کە تێکەڵ لە راستوناڕاست بێ؟ سەعاتێك ئیش بە سەددینار بێ کەی ژیرانەورەوایە بچین بۆ ئەوەی کە سەعاتی بە پێنج دینارە؟ ئیش بەیاسای دەستکرد هەربۆدنیایە بەڵام یاسای ﷲ بۆدنیاو قیامەتە ،پەیڕەوی

یاسای دەستکرد سوودەکەی ئەگەر هەیبێت هەر بۆ چەند ڕۆژێکی ئەم ژیانەیە بەڵام پەیڕەوی یاسای ﷲ سوودی بۆدنیاو قیامەتە. یاسای زاتێك کە بەدیهێنەری مرۆڤەو هەموویان لەلای ئەو بەندەن‌و لەبەندایەتیدا یەکسانن‌و سوودو خەیری هەموویانی دەوێت چۆن وەك یاسای تاقم وپێڕێکە کە جگە لەتاقم‌و پێڕەکەی خۆی سوودی کەسی تری ناوێت؟

٥٨ پێیان بڵێ: ئەگەر لای من بوایە ئەوەی کە ئێوە پەلەی بۆ دەکەن بەڕاستی دەمێك بوو کە ئیش جێ بە جێ کراو بوو، وە خوا زاناترە بە ستەمکاران. واتە ئەوەی کە ئێوە دەڵێن: با سزامان بۆ بێت ئەگەر بە دەستی من بوایە هەر زوو جێ بەجێم دەکردو ئیشەکەم یەکسەرە دەکردەوە ، بەڵام نە ئەوە لە دەست من دایەو نە خوایش بێ ئاگایە لێتان بەڵکو ئەو بە حەوسەڵەیەو ماوەتان پێ دەداتو لە کاتی پێویستودیاری دا تۆڵە لە ستەمکاران وەردەگرێت عائیشە (ڕەزای خوای لێبێ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ڕۆژێکی سەخت تر لە ئوحودت بە سەر هاتوە؟ فەرموی : بەڕاستی لە گەلەکەی تۆ ڕۆژی سەختیم زۆر دیوە لە هەمویان سەخت تر ڕۆژی (عەقەبە) بوو کاتێ کە باسی بەرنامەی خۆمم کرد بۆ (ئیبنوعەبدو یالەیل) کە مەسعود ی ناو بوو کوڕی کولال بەڵام ئەو وەڵامی چاکی منی نەدایەوەو بە خەمباری و کەسکونیەوە منیش هەستام و هاتم و لە(قەڕنوسەعالیب)ـەوە هاتمەوە سەر خۆم‌و سەرم بەرز کردەوە تەماشام کرد هەورێك سێبەری بۆ کردوم تەماشام کرد دیم جبرائیلی (درودی خوای لێ بێت) لە ناو دایەوبانگی کردم‌و وتی: بەڕاستی خوا بیستی ئەو قسەی کە گەلەکەت پێی وتیتو چۆنیان گەڕاندیتەوە، وە ئەوە فریشتەی چیاکانە کە ناردویەتی بۆ لات تا فرمانی پێ بکەیت بە هەر شتێك کەدەتەوێت سەبارەت بەو گەلە ، پێغەمبەرﷺفەرموی: فریشتەی چیاکان بانگی کردم‌و سەلامی لێ کردم لە پاشان وتی: ئەی محمدﷺبە ڕاستی خوا بیستی ئەو قسەیەی کە گەلەکەت پێی وتیت و خوای تۆ منی ناردوە بۆ لات تا فرمانم پێ بدەیت چۆن ئارەزۆت لێیە ، ئەگەر ئەتەوێت من ئەو دوو چیا کە ئەوان

کەوتبونە نێوانیانەوە بخەم بەسەریانداو هیچیان دەرنەچێت پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: { بَلْ أَرْجُو أَنْ يُخْرِجَ اللهُ مِنْ أَصْلَابِهِمْ مَنْ يَعْبُدُ اللهَ وَحْدَهُ لَا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا /بوخاری‌وموسلم وشەکە هی موسلمە/نەخێر بەڵکو هیوادارم خوا لە نەوەی ئەمانە کەسانێك دروست بکات کە بەندایەتی خوا بکەن‌و هاوبەشی بۆ دانەنێن} واتە : سزاو تۆڵەیان خرایە دەستی ئەو بەڵام ئەو چاوپۆشی لێ کرد ، وەئەمە لە گەڵ ئەو ئایەتەی سەرەوەدا کە فەرموی: ﴿قُل لَّوْ أَنَّ عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦ .. الایە﴾ وەڵامەکەی بەم شێوەیە. ١. واتە: ئەگەر کاتی داواکردن بڕیاری سزا بە دەست پێغەمبەر بوایە جێ بە جێی دەکرد بەڵام لەم فەرمودەیەدا ئەوان داوای سزایان نەکردوەو لە کاتی قسەو گفتوگۆی ئەواندا نەبوە بەڵکو پاش هەستانی پێغەمبەروبڕینی ماوەیەك لە ڕێگا ئەم ئیختیارە بە پێغەمبەردرا تازە پێغەمبەرمان دڵی سارد بوەتەوەوداوای ماوەیان بۆ دەکات.

٢ـ ئەگەر بە قووڵ تر وردبببینەوە لە ئایەتەکە دەبینین کە مەبەستی پێغەمبەرمان ئەوەیە، کە بیرو باوەڕێکی ڕاستی یەکتا پەرستی لە ناو دڵی ئەواندا دروست بکات و ڕاستیەکی بێ پێچ‌و پەنا بەوان دەڵێت ئەو دەفەرموێ منیش بە شەرم وەك ئێوە حوکم کردن‌وبڕیار دان‌وسزا دان تەنها بە دەست خوایەومن ڕۆشن کەرەوەو جێ بە جێ کەری فرمانەکانی ئەوم جا ئەگەر بڕیاری سزا ڕاستەخۆ بە دەست خۆم بوایە منیش بە شەرم وەك ئێوەوحەز بە سەرکەوتن‌و تۆڵە سەندنەوە دەکەم لەوانەیە هەر کاتێ ئیش بگەیشتایە ئەو جێگایەی کە داوای سزاتان بکردایە منیش سزام بدانایە ، کەواتە هیچ دژایەتیەك نیە لە نێوان ئەو ئایەتەو ئەم فەرمودەیەدا ئایەتەکە سەرچاوەی فرمان پێشان دەداتو فەرمودەکە فرمانڕەواکە ﷲ پێغەمبەری کردوە بە سەر پشك نەك خۆی ڕاستەو خۆ فرمانڕەوا بێت وﷲ اعلم.ئینجا خوای دانا دەفەرموێ:

٥٩ خۆ هەر لەلای ئەو زاتەیە کلیلەکانی غەیب، کەجگە لەخۆی هیچ کەس هیچی لێ نازانێت مەگەر خۆی شتێك پێشانی خەڵك بدات کەئەو شارەزایە بەوەی کە لە وشکی‌و لە دەریادا هەیە کە بەو دوو وشەیە هیچ جێگایەکی تر

نامێنێتەوە، وە یەك پەلکە گەڵا ناوەرێت مەگەر ئەو پێی بزانێت واتە هیچ حەرەکەو جموجوڵێك ڕوونادات مەگەر ئەو پێی بزانێت و هیچ دانەیەك وتۆیەك لە تاریکاییەکانی زەوی دا نیە و هیچ تەڕیی و وشکاییەك نیە، مەگەر خوای گەورە لە کتێبی ڕۆشن کەرەوەدا کە بریتیە لە (لوح المحفوظ) هەموی دیار کردوە واتە هیچ شتێك لای خوا شاراوە نابێتو ئەوەی کە بوەو هەیەو دەبێ هەموی لە (لوح المحفوظ)دایەو تۆمار کراوە بە گوێرەی زانینی خواوەو ئەو زانینەش ناگۆڕێ.

(٦٠) خۆ ئەو زاتە ئەوەیە کە ئێوە دەمرێنێ بە شەو بە خەو کەبەشێکەلە مردنو دەزانێ کەئێوە لە ڕۆژا چی دەکەنو هیچی لە بیر ناچێتەوە لە پاشان لە ڕۆژا زیندوتان دەکاتەوەو شەو دەتان مرێنێ تا بحەسێنەوەو ڕۆژ کە هات زیندوتان دەکاتەوە تا جێ بە جێ بکرێت ماوەی ناوبراو کەبە دوا دا هاتنی شەوو ڕۆژ دەبێ بە هۆی تەواو بونی تەمەنی مرۆڤوگیانداران کەوابو خەوتنوهەڵسانی تۆ بۆ ئەوەیە کە ئەو ماوەیەی تەمەنت تەواو ببێتوبەرەو مەرگ‌وماڵی دوایی بچیت لە پاشان گەڕانەوەتان هەربۆ لای ئەوەو پاشان خوا خەبەرتان دەداتێ بەوەی کە کردوتانە لە چاكو لە خراپ.

(٦١) ئەوسا هەر خوایە خاوەنی هێزو دەسەڵاتە بە سەر بەندەکانی خۆیداو ئەوچاودێر لە فریشتەکان ڕەوانە دەکات بۆ پاراستنی ئێوەوپاراستنی کردارەکانتان تا مەرگ دێت بۆلای هەر یەکێکتان ئەو کاتە ئیتر کە مەرگ هات ئەوانیش ناتوانن پارێزگاری بکەن، چونکە بڕیار دەری ئەسڵی بڕیاری مردنی داوە لە بەر ئەوە تەسلیمی فریشتەکانی گیان کێشان دەکرێتوخوا دەفەرموێ: ئەو کاتە نێراوەکانی ئێمە کە مەئموری گیان کێشانن دەتان مرێنێتو ئەوان کەمتەر خەمیوکۆتایی ناکەن واتە کاتێ کە مەرگ هات تازە قسەو باس نامێنێو دەبێ فرمانی خوا بۆ مەرگی ئێوە جێ بە جێ بکرێت جا کتوپڕ دەتان مرێنن.

(٦٢) لە پاشان ڕەد دەکرێنەوە بۆ لای خوا کە خوا سەرپەرشتی حەقوراستەقینەی ئەوانە . ئەمە دەگونجێ

وَهُوَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا جَرَحۡتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ
يَبۡعَثُكُمۡ فِيهِ لِيُقۡضَىٰٓ أَجَلٞ مُّسَمّٗىۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ مَرۡجِعُكُمۡ
ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٦٠﴾ وَهُوَ ٱلۡقَاهِرُ فَوۡقَ عِبَادِهِۦۖ
وَيُرۡسِلُ عَلَيۡكُمۡ حَفَظَةً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ تَوَفَّتۡهُ
رُسُلُنَا وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾ ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوۡلَىٰهُمُ ٱلۡحَقِّۚ
أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ ﴿٦٢﴾ قُلۡ مَن يُنَجِّيكُم مِّن
ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ تَدۡعُونَهُۥ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةٗ لَّئِنۡ أَنجَىٰنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ
لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٣﴾ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنۡهَا وَمِن كُلِّ كَرۡبٖ
ثُمَّ أَنتُمۡ تُشۡرِكُونَ ﴿٦٤﴾ قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا
مِّن فَوۡقِكُمۡ أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ أَوۡ يَلۡبِسَكُمۡ شِيَعٗا وَيُذِيقَ بَعۡضَكُم
بَأۡسَ بَعۡضٍۗ ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَفۡقَهُونَ ﴿٦٥﴾
وَكَذَّبَ بِهِۦ قَوۡمُكَ وَهُوَ ٱلۡحَقُّۚ قُل لَّسۡتُ عَلَيۡكُم بِوَكِيلٖ ﴿٦٦﴾ لِّكُلِّ
نَبَإٖ مُّسۡتَقَرّٞۚ وَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴿٦٧﴾ وَإِذَا رَأَيۡتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ
ءَايَٰتِنَا فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ
ٱلشَّيۡطَٰنُ فَلَا تَقۡعُدۡ بَعۡدَ ٱلذِّكۡرَىٰ مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٨﴾

مەبەستی مرۆڤ بێ یان فریشتەکان مەئمور بن، ئاگاداربن هەر بۆ خوایە حوکمو بێجگە لە خوا کەس مافی حوکمی نیە. وە ئەو لە هەموو حەساوکەران بە پەلە ترەولە نیو ڕۆژدا حەساوی ئەو هەموو بەندانەی تەواو دەکاتو لەو ماوە کەمەدا چاکەو خراپەی تەواوی تەمەنی هەر مرۆڤێك ڕۆشنوئاشکرا دەکات.

(٦٣) پێیان بڵێ: کێ ڕزگارتان دەکات لەتاریکاییەکانی زەوی‌و دەریادا هاوار دەکەنە لای ئەو کاتێ کە دەکەونە نارەحەتیەوە بە زەبونانەو بە نهێنیەوە دەڵێن: ئەگەر خوا ڕزگارمان بکات ئا لەم نارەحەتیە ئیتر ئێمەش لە ریزی سوپاسگوزاراندا دەبین واتە هەر کاتێ کەوتنە تەنگانەوە هاواریان لێ هەڵدەسێو ڕوو دەکەنە خوا، خوایش دەفەرموێ:

(٦٤) پێیان بڵێ: هەر خوایە ڕزگارتان دەکات لەو تارکاییانەو لەو تەنگانەو لە هەمووناڕەحەتیەکی تریش کە تەنها هەر ئەودەتوانێ ڕزگارتان بکات نەك کەسی تر کەچی ئێوەلە پاشان شەریك بۆ خوا دادەنێن. بە داخەوە دەتوانم بڵێم ئەوانەی کە لە سەردەمی هاتنی قورئاندا

موشريك بوون زۆر جیاوازن لە گەل ئەم موشریکانەی ئەم سەردەمە باشتر بڵێم باوەڕداران و مونافقان و موشریکانی ئەم سەردەمە جیاوازن لە باوەڕداران و مونافقان و موشریکانی سەردەمی پێغەمبەرمانﷺ، بۆ؟ چونکە باوەڕداری پێشوو کاتێك کە ئایەتێکی بۆ دەخوێندرایەوە تا ئیشی پێ نەکردایە نەدەچوو بۆ وەرگرتنی ئایەتێکی تر بەڵام ئێمە ئێستا ئەو هەموو ئایەتانە دەزانین‌و ئیشیشی پێ ناکەین‌و خۆشمان بە باوەڕدار دەزانین. موشریکانی پێشوو کاتێ کە دەکەوتنە نارەحەتیەوە هاواری خوایان دەکردو خۆیان یەکلا دەکردەوە بۆخواو کاتێ کە دەکەوتنەوە فەرەحییەوە دووبارە شەریکیان بۆ خوا دادەنا، بەڵام خۆ بە باوەڕدار زانی ئەم سەردەمە کاتێ کە دەکەوێتە نارەحەتیەوە هاواری بێجگە لە خوا دەکات هاواری ئەم شێخ‌وئەو پیاو چاك‌و قەبرو نەزرگە دەکات واتە لە کاتی تەنگانەدا زیاتردەبن بە موشریك بە پێچەوانەی موشریکانی کۆن. مونافقی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ بۆیە مونافق بو چونکە حکومەتی ئیسلامی بوو دەترسا ئەگەر بێت‌وپێی بزانرێت کە موسڵمان نین تۆڵەیان لێ دەستێنن بۆیە مونافقی یان دەکرد لە ترسی حوکمی ئیسلامی، بەڵام خۆئەمرۆ حاکمیەتی خواش نیە کەچی هەندێ لەخەڵك هەرمونافقی دەکات کەبەسەرو سیماو ئەنجامدانی هەندێ ئەرکی ئایینی بەرواڵەت موسڵمانە کەچی لە ژێریشەوە دژی خواو ئایینە کەجێگای داخ‌و سەرسوڕمانە. دەتوانم بڵێم لە پاش سەرکەوتنی مەکە ئیتر ترس پەیدا بووە لە دڵی بێ باوەڕان داو مانای ئەم ئایەتە ڕۆشنتر دەبێتەوە کە دەفەرموێ:﴿ وَقُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَزَهَقَ ٱلْبَـٰطِلُ ۚ إِنَّ ٱلْبَـٰطِلَ كَانَ زَهُوقًا ﴿٨١﴾ / ئیسرا/ ڕاستی هات‌و ناڕاست لەناوچوو بەڕاستی کە ناڕاستی هەر لەناوچووە﴾.

﴿٦٥﴾ پێیان بڵێ: ئەوسا خوا خاوەنی دەسەڵاتە کە سزاتان بۆ بنێرێ لە سەرتانەوە یان لە ژێری لاقەکانتانەوە یان لێتان بگۆڕێ‌ولە ناو خۆتاندا بتانکات بە بەش بەش‌بەش‌وفرقە فرقەو حزب حزب‌و بە هەندێکتان هەندێکی ترتان بچەوسێنێتەوە، دەی تەماشا بکە چۆن ئێمە نیشانەکانیان بۆ باس ئەکەین‌وچۆن بۆتان ڕۆشن دەکەینەوە بەڵکو ئەوانیش دەرکی واقعیەت بکەن. سەعدی کوڕی ئەبو وەقاس دەڵێ لە خزمەتی پێغەمبەردا بووین ﷺدامان بە لای مزگەوتی بەنی معاویەدا پێغەمبەر ﷺچوە مزگەوت‌ودوو ڕکات نوێژی کردو ئێمەیش نوێژمان کردو پێغەمبەرﷺزۆر پاڕایەوە لە خواو فەرموی: { سَأَلْتُ رَبِّي ثَلَاثًا فَأَعْطَانِي ثِنْتَيْنِ وَمَنَعَنِي وَاحِدَةً سَأَلْتُ رَبِّي أَنْ لَا يُهْلِكَ أُمَّتِي بِالسَّنَةِ فَأَعْطَانِيهَا وَسَأَلْتُهُ أَنْ لَا يُهْلِكَ أُمَّتِي بِالْغَرَقِ فَأَعْطَانِيهَا وَسَأَلْتُهُ أَنْ لَا يَجْعَلَ بَأْسَهُمْ بَيْنَهُمْ فَمَنَعَنِيهَا / امام احمدو مسلم/ داوای سێ شتم لە خوا کرد یەکەم: داوام لە خوا کرد کە گەلەکەم بە نقووم بوون لە ئاودا تێدا نەچێت خوا ئەوەی پێدام، دوهەم : داوام کرد لە خوا کە ئەم گەلەم بە گرانی لە ناو نەچێت خوا ئەویشی دا پێم، سێهەم : داوام کرد لە خوا کە شەڕ لە نێوانیاندا ڕوو نەدات خوا ئەمەی لێ وەرنەگرتم} لە ڕاستی دا مانای ئەم ئایەتە ئەمڕۆ لە هەموو کاتەکانی پێشوو ڕونترە ئەوەتە بە هۆی لادانمانەوە لە یاساو شەریعەتەکەی خوا لە ئاسمانەوە بە تەیارەو موشەك وتۆپی گەورەوبچوك ئاگر باران دەکرێین‌و لە ژێر لاقمانەوە ساڵانە بەڵکو مانگانە بەڵکو ڕۆژانە دەیان کەسمان بە هۆی ئەڵغامەوە گیان یان لای کەم لاق لە دەست دەدەن ، وە بوین بە سەدەها کۆمەڵی جیا هەر یەك لەوی تر تێغ ساو دەداو زۆر داریان بێ زۆریان وەك حەڵوا قوت دەدات‌و بە بەهانەیەکی بچوك دەیان گیان لە ناو دەچێت‌و سەدان منداڵ بێ باب دەکرێت‌و دەیان بیناو کۆشك‌وتەلار وێران دەبێت‌و بەو حاڵەیشەوە باسی مافی مرۆڤ دەکەن!! لەم ئایەتەوە

١. پڕ مانایی قورئان دەردەکەوێت، کەلە مەوپێش بەلای سەریان وەك بەرد بارانی گەلی لوت‌وتۆفانی گەلی نوح لێکداوەتەوەو ڕاستیشەو ئەمڕۆ فەزفی فرۆکە شەڕکەرەکان وساروخ وتۆپ لەوەی پێش ڕونترەو سزای ژێر لاقیان بە بومە لەرزە لێکداوەتەوە کە ئەوەیش ڕاستەو ئەڵغامەکانی ئەمڕۆی ژێر لاق ڕونترەو تیرەگەری‌و یاسای خێڵایەتی بە مانای بەش بەشی لێکدراوەتەوە کە ئەویش هەر ڕاستەو ئەمڕۆ حزب حزبێنەیەو ڕاست ترو ڕۆشنترە.

٢. لەم ئایەتەوە بە ڕونی دەردەکەوێت کە دەستە دەستەو حزب حزبینە نەك مافی مرۆڤ نیە بەڵکو شتێکە دژی

مرۆڤایەتی‌و هۆی روو رەشی‌و لەناوچونی ئەخلاق‌و ئایین‌و مرۆڤایەتیەو ئەمرۆیش ئا ئەمە بە چاوی خۆمان دەبینین لە گەل بونی هەزاران حزبی جۆراو جۆر لە هەموو کات زیاتر مرۆڤ دەچەوسێتەوە ئینجا خوای دانا دەفەرموێ:

(٦٦) جا گەلەکەی تۆ ئەی محمدﷺ بێ باوەڕن بەم قورئانە لە گەل ئەوەشدا کەهەر ئەو قورئانە حەق‌وراستە ، پێیان بلێ: من پارێزگاروچاودێری کەر نیم تا ئێوە لە هەڵە بپارێزم یان هەر کەسێك بەم لاو بەو لادا بڕوات تۆڵەی لێ بستێنم نەخێر ئەوە ئیشی من نیە. بۆ؟ چونکە

(٦٧) بۆ هەموو هەواڵێك شوێنی تایبەتی خۆی هەیەوهەر هەواڵێك کە پێتان دەڵێم لە کات‌و وەختی خۆیدا دێتە پێش. وەك دەفەرموێ: ﴿لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ/ بۆ هەر ماوەیەك نوسراوی تایبەتی خۆی هەیە﴾ رەعد. ٣٨) وە لەمەو دوا دەزانن چیتان کردوەوچۆن تۆڵەتان لێ دەسەنرێت. ئینجا سەبارەت بەو کەسانە کە بێ باوەڕن‌وگاڵتە بە فەرمودەکانی خوا دەکەن دەفەرموێ:

(٦٨) هەر کاتێك دیتت ئەو کەسانەیی کە زۆر دەچنە خوارەوە لە گاڵتە کردن بە نیشانەکانمان‌و تانەو تەشەر لە ئایینی خودا دەدەن لەم کاتەدا ئەرکی سەر شانی تۆ ئەوەیە کە پشتیان تێ بکەیت هەتا دەچنە ناو قسەو باسێکی ترەوە کە دژی قورئان‌و ئایین نەبێت، وە ئەگەر هات‌وشەیتان لە بیری بردیتەوە کە تۆ لە ناو کۆمەڵێکدا دانیشتوی کەقسەی خراپ دەکەن هەر کە زانیت ئیتر نابێ دانیشی پاش ئەوەی کە کەوتەوە بیرت لە گەل ئەو گەلە ستەمکارەدا . هەندێك دەڵێن ﴿بعد﴾ لە پاش ئەوەی کە تۆ ئامۆژگاریت کردن‌وپێت وتن کە قسەکانتان هەڵەیە ئیتر دەبێ بڕۆیت‌و لە گەلیاندا دانەنیشیت.

(٦٩) وەبۆ ئەو کەسانەی کە لە خوا دەترسن هیچ کێشەیەکی ئەو تاوانبارانەیان لەسەرنیە واتە : ئەگەر دوور کەوتنەوە لێیان پاش ئامۆژگاری کردنیان ئیتر مەترسی ئەوەتان نەبێت کە خراپەی ئەوان ئێوە بگرێتەوە، بەڵام هەر وەبیر خستنەوەیە، هەندێ دەڵێن : هەر کەسێك کە خۆی موتەقی بوو ئیتر قسەو رەفتاری بێ باوەڕان زیانیان

وَمَا عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَلَٰكِن
ذِكْرَىٰ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٦٩﴾ وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟
دِينَهُمْ لَعِبًا وَلَهْوًا وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۚ وَذَكِّرْ بِهِۦٓ
أَن تُبْسَلَ نَفْسٌۢ بِمَا كَسَبَتْ لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِىٌّ
وَلَا شَفِيعٌ وَإِن تَعْدِلْ كُلَّ عَدْلٍ لَّا يُؤْخَذْ مِنْهَآ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ
ٱلَّذِينَ أُبْسِلُوا۟ بِمَا كَسَبُوا۟ ۖ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ
أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ ﴿٧٠﴾ قُلْ أَنَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ
مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ
كَٱلَّذِى ٱسْتَهْوَتْهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِى ٱلْأَرْضِ حَيْرَانَ لَهُۥٓ أَصْحَٰبٌ
يَدْعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلْهُدَى ٱئْتِنَا ۗ قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ ۖ
وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧١﴾ وَأَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ
وَٱتَّقُوهُ ۚ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٧٢﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى
خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۖ وَيَوْمَ يَقُولُ كُن
فَيَكُونُ ۚ قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ ۚ وَلَهُ ٱلْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ۚ
عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴿٧٣﴾

پێ ناگەیەنێ ، بۆیە پێیان وتراوە دور بکەونەوە لێیان تا بەڵکو ئەو نەفام‌و بێ باوەڕانە بیر بکەنەوەو لە سەر ئەم مانایە حوکم بە ئایەتی (١٤٠\ النسا) هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام لە سەر مانای پێشوو هەر وەك ئەو ئایەتەی سورەتی "النسا"ئە. بەڵکو ئەوانیش بترسن‌وخۆیان بپارێزن لە سزای خوا. لەم بارەیەوە پێغەمبەرﷺدەفەرموێ: نەفسی خۆتان سوك مەکەن ، عەرزیان کرد کەی نەفسی خۆمان سوك دەکەین فەرموی: کاتێ کە بێ شەرعیەك دەبینن کە دژی دینی خوایەو دەکرێت ، ئێوەقسە ناکەن چونکە شەرم دەکەن لە کابرا کەچی شەرم ناکەن لە خوای خاوەن دەسەڵات مانای وایە نەفسی خۆتان سوك کردوە.

(٧٠) واز بێنە لەو کەسانەی کە ئاینەکەی خۆیان بە شێوەیەکی سادەو بە گاڵتەو گەمە گرتوەو ژیانی دنیا بێ ئاگای کردون لە خواو لە دوا رۆژ ، وە بە ئەو رابواردنی دنیاو لەزەتەکانیەوە سەرگەرم‌و بێهۆش بوون ، جا تۆ ئامۆژگاری بکە بەو قورئانەو بیا نترسێنە لەو رۆژەی کە هەر کەس گرفتاری ئەو ئیشەیە کە کردویەتی ، تا بەڵکو بیر بکە ئەوە پێش هاتنی ئەو رۆژەی کە بۆ ئەو کەسە

۞ وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصۡنَامًا ءَالِهَةً إِنِّيٓ
أَرَىٰكَ وَقَوۡمَكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿٧٤﴾ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ
مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾
فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ
لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ ﴿٧٦﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلۡقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا
رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ
ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧٧﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمۡسَ بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ
أَكۡبَرُۖ فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ﴿٧٨﴾
إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ
حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٧٩﴾ وَحَآجَّهُۥ قَوۡمُهُۥۚ قَالَ
أَتُحَٰٓجُّوٓنِّي فِي ٱللَّهِ وَقَدۡ هَدَىٰنِۚ وَلَآ أَخَافُ مَا تُشۡرِكُونَ بِهِۦٓ
إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّي شَيۡـٔٗاۗ وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيۡءٍ عِلۡمًاۚ أَفَلَا
تَتَذَكَّرُونَ ﴿٨٠﴾ وَكَيۡفَ أَخَافُ مَآ أَشۡرَكۡتُمۡ وَلَا
تَخَافُونَ أَنَّكُمۡ أَشۡرَكۡتُم بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ عَلَيۡكُمۡ
سُلۡطَٰنٗاۚ فَأَيُّ ٱلۡفَرِيقَيۡنِ أَحَقُّ بِٱلۡأَمۡنِۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٨١﴾

بێجگە لە خوا هیچ دۆستێك و هیچ شەفاعەت کەرێك نیە ، وەئەگەر هەرچی هەیەو شکی دەبات بۆ رزگار بونی خۆی بیدات لێی وەرناگیرێت ئەوانە کەسانێکن ، کە سجن دەکرێن‌و تۆڵەیان لێ وەردەگیرێ بە هۆی ئەو کردارە خراپانەی کە کردویانە ئەوسا بۆ ئەوان هەیە یەکەم: خواردنەوەیەك لە ئاوی داخی دۆزەخ. دووەهەم: سزایەکی ئێش‌وئازاردەرو دەردناك و ئەمەش ناحەق نیە بەڵکو بە هۆی ئەوەیە کە ئەوان بێ باوەڕ بون بە خواو بە نیشانەکانی.

(٧١) بڵێ: ئایا هاوار بکەینە کەسێك بێجگە لە خوا کە نە سودمان پێ دەگەیەنێت‌و نە زیان؟ وە پاشگەز ببینەوە لەم بیرو باوەڕە راستە پاش ئەوەی کە خوا رێنمایی کردین؟ وەك ئەو کەسەیە، کە شەیتان سەری لێ شێواندوە و شێتی کردوەو نازانێ چۆن دێت‌و دەڕوات‌و چی دەڵێت کە ئەو چەندین رەفیقی هەیەو بانگی دەکەن: وەرە بۆ رێنمونی لای ئێمە. پێیان بڵێ بە راستی رێنمایی خوا هەر ئەوەیە رێنمایی‌و هۆی خۆشبەختی، وە ئێمە فرمانمان پێ کراوە کە گەردن کەچ بین بۆ پەروەردگاری عالەم.

(٧٢) فرمانمانیشی پێ کراوە کە نوێژ بکەین‌و لێی بترسیین ، وە هەر بۆ لای ئەو کۆدەکرێنەوە. ئەوسا حیسابی گەورەوبچوکتان لە گەڵدا دەکات‌وهیچی لا ون نابێ.

(٧٣) وە هەر ئەو زاتەیە کە ئاسمانان و زەوی دروست کردوە بە راستی‌و بۆ مەبەستێکی راست وە بترسن لە رۆژێك کە هەر فەرموی: ببە. دەبێت کە رۆژی قیامەتە قسەی راستەو هەر بۆ ئەوە موڵك‌وئەو مالیکی هەموو بونەوەرەو پادشایەتی‌و لە ژێر چاودێری ئەو دایە ، ئەو رۆژەی کە فو دەکرێت بە سورا ئەو کاتە کاتی لێ ترسانە دەوترێت کێ پادشایەو کێ مالیکە کەس ناتوانێت وەڵامی بداتەوە، خۆی دەفەرموێ: هەر بۆ ﷲ یە کەتەنهاو زۆردارە زانەری هەموو نهێنی‌و ئاشکرا یەکە واتە هەروەك ئاشکراکان دەزانێت هەر بەو شێوەیەش شتە شاراوەکان دەزانێت‌و ئەو دانایەو زۆر بەئاگایە ، وە ئەمانە هەم ناون‌وهەم وەسفی خودان. پێغەمبەرﷺدەفەرموێ: {يَطْوِي اللهُ عَزَّ وَجَلَّ السَّمَاوَاتِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ يَأْخُذُهُنَّ بِيَدِهِ الْيُمْنَى ثُمَّ يَقُولُ أَنَا الْمَلِكُ أَيْنَ الْجَبَّارُونَ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ ثُمَّ يَطْوِي الْأَرَضِينَ بِشِمَالِهِ ثُمَّ يَقُولُ أَنَا الْمَلِكُ أَيْنَ الْجَبَّارُونَ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ /مسلم /خوای دەسەڵاتداری بەشکۆ لەرۆژی قیامەتدا هەر حەوت ئاسمانگەکان دەپێچێتەوەو پاشان بەدەستی راستی دەیانگرێت ئینجا دەفەرموێ: هەرمنم پادشا ، کوا زۆردارەکانی سەر زەوی کوا خۆ بەزلزانەکانی سەر زەوی با بێن هیچ کەس ناتوانێت وەڵامی بداتەوەوقسە بکات پاشان زەوییەکانیش بەدەستی چەپی دەپێچێتەوەو دیسان دەفەرموێ: هەرمنم پادشا، کوا زۆردارەکانی سەر زەوی کوا خۆ بەزلزانەکانی سەر زەوی با بێن هیچ کەس ناتوانێت وەڵامی بداتەوەوقسە بکات} لە دوای ئەمە خوای گەورە داستانی باپیرە گەورەی پێغەمبەرمان کە ئیبراهیمە بۆ پێغەمبەرﷺباس دەکات و دەفەرموێ:

(٧٤) باس بکە ئەی محمدﷺ کاتێ کە ئیبراهیم وتی بە باوکی کە ئازەر بوو ئایا تۆ ئەو بتانە ئەکەی بە خوای خۆت؟ بە راستی من دەبینم کە خۆت‌وگەلەکەت وان لە گومراهییەکی ئاشکرادا. زانایان لە بارەی ناوی باوکی ئیبراهیمەوە یەك دەنگ نین هەندێك دەڵێن ناوی تارەح

بوەودایکی ناوی مەسانی بوەو خێزانی ناوی سارە بوەودایکی ئیسماعیلی کوڕی ناوی هاجەرەیە کە جاریە بوە هەندێك دەڵێن ئازەر ناوی بتێك بوەو ئەم قسە ڕێی تێ دەچێت لە بەر ئەوەی کە بە زۆری خزمەتی ئەو بتەی دەکرد بەو ناوە بە ناوبانگ بوبێت. لە سورەتی مریەمو شوعەرادا ئەم گفتو گۆیە زۆر بە درێژتر باسکراوە ئینجا خوا دەفەرموێ:

(٧٥) هەر ئاوەها ئێمە ئەو هەموو موڵکەی ئاسمانان وزەویمان پێشانی ئیبراهیم داو لە هەموو ڕاستیوحەقایق تێمان گەیاند تا ئیبراهیم ببێت بە یەکێك لەو کەسانەی کەدڵنیاو یەقینیان هەیە بەو هەموو ڕاستیانەو ببێت بە (عین الیقین) چونکە هەر شتێك پاش زانین بە چاویش ببینرێت ئیتر ئەوە هیچ گومانودوو دڵییەك ڕوی تێ ناکاتوئیبراهیم عليه السلام گەیشتە ئەو پلەیە ئینجا بۆ هەڵوەشاندنەوەی بت پەرستیوپیشاندانی ڕێگای لارو چەوتی گەلەکەی کەوتە ڕازو نیاز لە گەلیاندا وەك خوای دانا لێرەدا دەفەرموێ:

(٧٦) جا لە کاتێك دا کە شەو تاریك بوو ئەستێرەیەکی دی لە ئاسمانوبە شێوەی گاڵتە کردن بە گەلەکەی وت: ئەوەیە خوای من؟ یان بۆ ئەوە بوە بێ دەنگیان بکات واتە : بە قسەی ئێوە ئەوە خوای منە؟ جاکاتێ کە ئەستێرەکە ڕۆیشتونەما وتی: من شتێك کە نەمێنێت خۆشم ناوێت مادام ڕۆی بە دەردم ناخوات.

(٧٧) جا کاتێك کە بینی مانگ هەڵهاتوشەوقی دایەوە وتی: ئەوە خوای منە؟ جاکاتێك کە مانگیش ڕۆیی وتی: ئەگەر پەروەردگارم ڕێنمایم نەکات منیش لە ریزی ئەم گەلە گومڕاهەدا دەبم، بەم شێوەیە تێی گەیاندن کە ئەو گەلە نەزانو گومڕاهن.

(٧٨) جا کاتێك کە خۆری دی کە لە هەموو ئەستێرەکانی تر بە شەوق ترو پرشنگ دار تروگەورەترە دیسان وتی: ئەمە خوای منە؟جا ئەمیش کاتێك کە ئاوا بوو ئیتر بوویجی بۆ خۆشبوو وتی: ئەی گەلی من چاك گوێم لێ بگرنو بزانن کە بەبێگومان من بەریو دورم لەو هاوبەشیەی کە ئێوە دای دەنێن بۆ خوا.

(٧٩) بە ڕاستی من ڕوی خۆم خالیسانە کردە ئەو کەسەی کە ئاسمانانوزەوی دروست کردوەو من لە هاوەڵ دانەران نیم. (وشەی"حنیفا" واتە دور کەوتنەوەو لادان لە هەموو بەتاڵێك و ڕوکردنە ڕاستوحەق) ئا بەو شێوەیە ئیبراهیم عليه السلام بیروباوەڕی گەلەکەی هەڵوەشاندەوەو سەرچاوەی ڕاستیو دروستی پێ ناساندن کە خوای تاكوتەنیایەو دروستکەری ئاسمانانو زەویە جا ئیتر گەلەکەی کەوتنە دەمە دەمە کردن لە گەڵیدا :

(٨٠) وتی: ئێوە لە بارەی خواوە دەمە دەمە لە گەڵ مندا دەکەن لەحاڵێکدا کە ئەو منی ڕێنمایی کردوەو ڕێگای ڕاستی پێشان داوم؟ وە من هەرگیز ناترسم لەو هاوبەشانەی کە ئێوە دای دەنێن بۆ خوا چونکە ناتوانن هیچم پێ بکەن کە نە قازانج دەگەیەننونە زیان مەگەر پەروەردگاری خۆم بیەوێت شتێك لە گەڵ مندا بکات واتە ئەگەر توشی شتێکیش ببم خوای خۆم کردویەتی نە بتەکانی ئێوە ، ئەمەی وت چونکە دەگونجێ خوا دوچاری سەختیەکی بکات لە بەر هەر سودێك کە خۆی دەزانێت تا ئەوان دوایی نەڵێن ئەوە دژایەتی خواکانی ئێمەی کرد بۆیە وای لێ هات وەك لەمڕۆدا ئەگەر بڵێیت نەسوڕێیتەوە بە دەوری قەبری کەساو سوجدە نە بۆ مردو نەبۆ زیندو نەبەیت چونکە شتێکی حەرامەودروست نیە جا ئەگەر کابرای ئامۆژگاری کەر توشی سەختیەك بو دەڵێن ئەوە دژی فلانە قەبر یان فلانە پیاو چاك بووە بۆیە وای لێ هاتوە نازانن ئەوە ئیشی خوایەو لەوانەیە خوا هەر بۆ ئەوە ئەو بەلایە بە سەر ئەو ئامۆژگاری کەرەدا بدات تا هەم خۆیو هەم خەڵکیش تاقی بکرێنەوەو هیچی تر. جا قوڕ بە سەر ئاگات لە خۆت بێو ئەو ئیشانەی کە تایبەتی خوایە نەیسپێریت بەکەسی تر ئەگەر بکرێت یانەکرێت هەربەدەست خوایە ماڵی خۆتت وێران کردوە . ئینجا قورئان دەفەرموێ: ئیبراهیم وتی: پەروەردگارم زانیاریەکانی هەموو شوێن دەگرێتەوەو شوێنێك نیە کەلە عیلمی ئەودا دەربچێت دەی ئیتر ئایا ئێوە بیر ناکەنەوە؟

ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ
وَهُم مُّهۡتَدُونَ ﴿٨٢﴾ وَتِلۡكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيۡنَٰهَآ إِبۡرَٰهِيمَ عَلَىٰ
قَوۡمِهِۦۚ نَرۡفَعُ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ﴿٨٣﴾
وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ إِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۚ كُلًّا هَدَيۡنَاۚ وَنُوحًا
هَدَيۡنَا مِن قَبۡلُۖ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ وَأَيُّوبَ
وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٨٤﴾
وَزَكَرِيَّا وَيَحۡيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلۡيَاسَۖ كُلّٞ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٥﴾
وَإِسۡمَٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطٗاۚ وَكُلّٗا فَضَّلۡنَا عَلَى
ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٨٦﴾ وَمِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡ وَإِخۡوَٰنِهِمۡۖ وَٱجۡتَبَيۡنَٰهُمۡ
وَهَدَيۡنَٰهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٨٧﴾ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي
بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۚ وَلَوۡ أَشۡرَكُواْ لَحَبِطَ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ ﴿٨٨﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَۚ
فَإِن يَكۡفُرۡ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ فَقَدۡ وَكَّلۡنَا بِهَا قَوۡمٗا لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ
﴿٨٩﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ قُل لَّآ
أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًاۖ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰلَمِينَ ﴿٩٠﴾

(٨١) چۆن من دەترسم لەوەی کە ئێوە کردوتانە بە هاوبەش بۆ خوا لە حالێکدا ئێوە ناترسن لەوەی کە ئێوە هاوبەشتان بۆ خوا داناوە کە خوا بەلگەیەکی بە هێزی لەو بارەوە نەناردوە بۆتانو هەر لە خۆتانەوە ئەم بت پەرستیتانە دروست کردوە دەی ئایا کۆمەلێك کەبە گوێرەی فرمانی خوا رەفتار بکاتو کۆمەلێکیش دژی خوا بێت کامیان دەبێ کەم ترس ترو دلنیاو ئارام تربێت ئەگەر ئێوە شت دەزانن؟.

(٨٢) ئەوکەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو باوەڕەکەیان تێکەلاو بە هاوبەش دانان نەکردوەو هیچ جۆرە هاوبەشێکیان بۆ خوا دانەناوە بۆ ئەوانە دلنیاییو ئاسایش هەیەو هەر ئەوانەن کە رێگای هیدایەتیان گرتووە. کاتێ کە ئەم ئایەتە دابەزی یارەکانی پێغەمبەرﷺ وتیان: کێ هەیە لە ئێمە کە ستەمی نەکردبێت؟ جا پێغەمبەرﷺ فەرموی: { لَيۡسَ كَمَا تَظُنُّونَ إِنَّمَا هُوَ كَمَا قَالَ لُقۡمَانُ لِابۡنِهِ ﴿ يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ﴿١٣﴾ ﴾ /متفق عليه/ وانیە کەئێوە گومان دەکەن ئەمە هەر وەك ئەوە وایە کە لوقمان بەکوڕەکەی وت: ﴿بە راستی هاوبەشی دانان بۆ خوا ستەمێکی گەورەیە﴾ . واتە مەبەستی ﴿ظُلم﴾ لەم ئایەتەدا هاوبەشی دانانە بۆ ﷲ.

(٨٣) ئا ئەوەیە بەلگەی ئێمە کە دامان بە ئیبراهیم بۆ برینی بەهانەی گەلەکەی ، بەرز دەکەینەوە پلەی ئەو کەسانەی کە ئارەزۆومان لێ بێتو خۆی گونجاوو راستو دروست بێت لە خوا ناسیولە پەیرەوی کردنی ئایین دا چونکە خوا ستەم لە کەس ناکات هەر کەسێك بیەوێت بەرەو خوا بڕوات خوایش رێنمایی دەکاتوبە چەند بەرامبەری ئیشە چاکەکانی پاداشتی دەداتەوە چونکە بە راستی خوای تۆ دانایە لە ئیشەکانی داو زانایە بە نیەتونیشی خەلك جا خۆزگە بەو کەسەی کە خوای داناو زانا یارمەتی دەداتو شارەزای دەکات چونکە لە گۆترەوە نیە. جا وا خوای گەورە پاداشتی ئیبراهیم عليه السلام دەداتەوەو دەفەرموێ:

(٨٤) جا ئێمە بە ئیبراهیم ، ئیسحاقو یەعقوبمان بەخشیو هەمووومان رێنمای کردن چ رێنماییەك. ئەم دوو مندالەی لە سارە خاتون کە کوڕو کوڕەزاینی لە پاش ئیسماعیل خوا پێی داوەو کردونی بە پێغەمبەر ، وە لە پێش ئەوانە دا نوحمان رێنمایی کردبوو کردومان بە پێغەمبەر ، وە لە نەوەی ئەویش ئێمە داودو سلیمانو ئەیوبو یوسفوموساو هارونی برای موسامان هەلبژاردو هەر ئاوەها ئێمە پاداشتی چاکە کاران دەدەینەوە. ئیبراهیم ئەو مرۆڤە چاکە کارە بوو کە خۆی فیدای خوا کردو خوایش بەو شێوەیە پاداشتی دایەوە.

(٨٥) ئەوسا هەر لە نەوەی ئەو بوون زەکەریاو یەحیاو عیسا وە ئەلیاس کە هەمویان لە پیاو چاکان بوون ، وە هەمویان پێغەمبەری خوا بوون.

(٨٦) وەهەر لە نەوەی ئەو ئیسماعیل و یەسەع و یونس و لوتیشمان هەلبژاردو هەمویانمان بەرز کردنەوەو رێزمان دان بە سەر عالەمدا.

بۆزانین: ئەمانە هەژدە پێغەمبەر بوون کە لێرەدا باس کرانو لە تەواوی قورئان دا بیستو پێنج پێغەمبەر ناویان

هاتوه كه حەوت ناوی تر به شێوەی جیا جیا باس کراون له قورئان دا كه ئەمانەن (محمد، إدريس، شعيب، صالح، هود، ذولكفل وآدم ،صلوات الله وسلامه عليهم أجمعين) ناكۆكی هەیه سەبارەت به سێ کەس که ئایا پێغەمبەرن یان نه؟ (لُقمان و ذوالقَرنَين و عُزَيْر) ئەمانه راسته که بوونو هەر کەسێ ئینکاریان بکات کافر دەبێ بەڵام له سەر ئەوەی که پێغەمبەرن یان نه؟ کافر نابێت. باش وایه مرۆڤی باوەڕدار لێیان بێ دەنگ بێت.

(٨٧) ئەوسا له باوکانی ئەوانو له نەوەکانیانو له براکانیان هەڵمان بژاردنوگردمانن به پێغەمبەرو ڕێنمایمان کردن بۆ سەر ڕێگای ڕاست. ئینجا خوای داناو زانا دەفەرموێ:

(٨٨) ئا ئەوە ڕێنمایی خوایەو خوا ڕێنمایی دەکات بەو هیدایەتەی خۆی ئەو کەسەی که ئارەزۆی لێ بێت. پێویسته لەم شوێنانەدا وریا بنوبزانن که خوا زۆر، له کەس ناکات ئەگەر کابرا خۆی ویستی ڕێگای خوا بگرێت خوایش کۆمەکی پێ دەکات ، وه ئەگەر کابرا ڕێگای گومڕاهی دەویست دیسان خوا بەویش کۆمەك دەکات. ئینجا دەفەرموێ: ئا ئەوانەی که باسمان کردن لەوپێغەمبەرانه ئەگەر هاوبەشیان بۆ خوا دابنایه هەرچیانکردبوو لەچاکەو خوا پەرستیو تەبلیغاتو زەحمەت کێشان له سەر ئایینی خوا هەموی هەڵدەوەشایەوه جا با ئێمەیش سرنجی ئیشەکانی خۆمان بدەین نەوەك تێکەڵاوی شیرك بو بێت چونکه بەتاڵ دەبێتەوه خۆ ئێمه لەو پێغەمبەرانه نه گەورە ترینو نه گرنگتر ین ، شیرك ئەوەنده جۆرێ هەیەو ئەوەنده بەنهێنی دزەدەکاتە ناودڵو دەرونو کردارەکانی خاوەن باوەڕانەوه پێغەمبەرمان ﷺ لێی ترساوەو هەمیشه پەنای دەگرت بەخوا لەوشیرکەی که خۆی بزانێو لەوشیرکەیش کەخۆی پێی نەزانێ .

(٨٩) ئەوانەی که ئێمه باسمان کردن ئەوانه بوون که ئێمه کتێبو فرمانڕەوایی کردن به سەر خەڵکداو پێغەمبەریمان پێ دان جا تەماشای نارەوایی قسەی ئەوانه بکه که دەڵێن حەقتان چیه به سەر خەڵکەوه برۆن بۆخۆتان نوێژ بکەنو ڕۆژو بگرنو زیکرو فیکری خۆتان بکەن ئیتر ئیشتان نەبێ به سەر یاساو حکومەتەوه!! ئینجا ﷲ

وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِذْ قَالُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَىْءٍ
قُلْ مَنْ أَنزَلَ ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِى جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ
تَجْعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوٓا۟
أَنتُمْ وَلَآ ءَابَآؤُكُمْ قُلِ ٱللَّهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِى خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ (٩١)
وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ
أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا وَٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ
وَهُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ (٩٢) وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى
ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِىَ إِلَىَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَىْءٌ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ
مِثْلَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ
وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ٱلْيَوْمَ
تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ
وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ (٩٣) وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَٰدَىٰ
كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَٰكُمْ وَرَآءَ ظُهُورِكُمْ
وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟
لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ (٩٤)

دەفەرموێ: جا ئەگەر ئەوان بێ باوەڕ دەبن بەوانەی که باس کران له کتێبوفرمانڕەواییو پێغەمبەرایەتی ئا ئەوانه واته خەڵکی مەکه بادڵنیا بن که ئێمه گەلێکی ترمان داناوه بۆی ، که بریتی بوون له کۆچەریەکانو یارمەتی دەرەکان ﴿المهاجرون والانصار﴾ که ئەوان بێ باوەڕ نین بەو شتانەی که باس کران، ئەوە بوو له پاشدا خەڵکی مەدینه زۆربەی هەرە زۆریان باوەڕیان هێناو له گەل کۆچەرییەکاندا بوون به سەنگەرێکی به هێزو قەڵایەکی بتەو بۆ پێغەمبەرﷺ وئاینه تازەکەی (رەزاو رەحمەتی خوایان لێ بێت)وبون به کۆڵەکەی یەکەم وبناغەی ئەم ئایینه به نرخه.

(٩٠) ئا ئەمانەی که باسکران له پێغەمبەرانوباو باپیرو نەوەکانیانو براکانیان کەسانێك بوون که خوا ڕێنمایی کردون دەی تۆیش ئەی محمدﷺپەیڕەوی بکه له ڕێنماییەکانی ئەوانو گەلەکەیشی پێویسته وەك خۆی بکەن. ئەی محمد ﷺبڵێ: من له سەر ئەم ڕاگەیاندنەو له سەر بڵاو کردنەوەی ئەم ئایینه داوای هیچ پاداشتێك له ئێوه ناکەم، ئەو قورئانه بێجگه لەوەی که ئامۆژگاری

کەرێکی ئەم عالەمەیە شتێکی تر نیە کەواتە جێگای خۆیەتی کە ئێوە باش لەم ئایینە شارەزا ببن‌وچاك پەیڕەوی لێوە بکەن چونکە هەمووی ئامۆژگاری‌و ڕێ پێشاندان‌و ڕونکردنەوەیە بۆ هەموو خەڵك بەبێ جیاوازی لە نێوان ڕەنگ‌و زمان‌و نەژاد دا، کەواتە خەیرو خۆشیە بۆ هەموو عالەم وەك لە سورەتی (الانبیا) دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾/الأنبياء: ١٠٧ بۆیە خوای داناو ئاگا توڕەیە لەوانەی کە بە چاکی پە یڕەوی لەم ئایینە ناکەن‌ودەفەرموێ:

(٩١) خۆ ئەوان ڕێزیان دانەناوە بۆ خوا بەو شێوەیەی کە پێویست‌و شیاوی مەقامی خوا بێت ئەو کاتەی کە وتیان: خوا هیچی ڕەوانە نەکردوە. پێیان بڵێ: ئەی کێ ئەو کتێبەی ڕەوانە کرد کە موسا هێنای؟ کە ڕوناکی‌و ڕێ نیشاندەر بوو بۆ خەڵك کە کردتان بە پەڕەگەلێکی کاغەز کە هەندێکتان ئاشکرا دەکردو زۆریشتان دەشاردەوە. وە فێری شتێك کران نە خۆتان‌و نە باوکانتان نەتان دەزانی؟ بڵێ: خوا ئەویشی ڕەوانە کردوە. لە پاش ئەو قسانە دەی لێیان گەڕێ با هەر لەو بێ ئاگاییەدا بن‌و با هەرگاڵتە بکەن بۆ کوێ دەچن؟ تۆ ڕاسپاردەی خۆت ڕاگەیەنە ئیتر وازیان لێ بێنە. ئابەم شێوەیە قورئان دەمکوتی ئەو جولەکانەی کرد، ئینجا خوا دەفەرموێ:

(٩٢) ئەوسا ئەمەی کەبۆ تۆمان ناردوە ئەی محمدﷺپەڕاوێکی پیرۆزەودان دەنێ بە ڕاستی پەڕاوەکانی پێش خۆیداو تا تۆ خەلکی مەکەو ئەوانەی چوار دەوری بترسێنی بە سزای ﷲ ئەگەر پەیڕەوی ئایینەکەی نەکەن کە هەموو جیهان دەگرێتەوە ، چونکە هەموو دنیا بریتیە لە مەکەوچوار دەوری مەکە، ئینجا خوا دەفەرموێ: وە ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت هەیە باوەڕیش بەم قورئانە دەکەن لە حاڵێکدا کەئەوان پارێزگاری نوێژەکانیان دەکەن‌و لە کاتی خۆیاندا جێ بە جێی دەکەن‌و کەمتەر خەمی‌و بێ موبالاتی تێدا ناکەن لە ئەنجام دانیان دا. پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: {أَعْطِيتُ خَمْسًا لَمْ يُعْطَهُنَّ أَحَدٌ قَبْلِي...وَكَانَ النَّبِيُّ يُبْعَثُ إِلَى قَوْمِهِ خَاصَّةً وَبُعِثْتُ إِلَى النَّاسِ عَامَّةً/متفق عليه/ من پێنج شتم پێدراوە کەنەدراوەبەهیچ پێغەمبەرێکی تر پێش من. لەو پێنج شتە ئەمەی باسکرد کە "هەر پێغەمبەرێك تایبەت بوە بۆ گەلەکەی خۆی بەڵام من نێردراوم بۆ هەموو خەڵك".

(٩٣) کێ هەیە لەو کەسە ستەمکارتر کە درۆ بە دەمی خواوە بکات یان بڵێ: وەحی کراوەتە لای من لەحاڵێکدا هیچی شی بۆ نەهات بێت؟ وەستەمکار تر لەو کەسەی کە بڵێ: منیش بەم زوانە شتی ئاوەها دێنم وەك ئەوەی کە خوا ناردویەتی بۆ محمدﷺ جا خوا دەفەرموێ: ئەگەر تۆ ببینی ئەو کاتەی کە ستەمکاران کە دەچنە ناو دەریای مەرگەوەولە هەموو شت نائومێد دەبن‌و کەس فریایان ناکەوێت‌و فریشتەکانیش دەست ڕادەکێشن بۆیان‌ولێیان دەدەن‌ودەڵێن: دەری بکەن گیانەکانتان بۆ تۆڵەو سزای خوا ئا ئەمڕۆ جەزا دەدرێنەوە بە سزایەك کە گاڵتەکەرە پێتان وەك چۆن ئێوە لە دنیادا گاڵتەتان دەکرد بە پێغەمبەرو ئایین‌وخاوەن باوەڕان ئەم سزایەش بە هۆی ئەوەیە کە ئێوە قسەی نادروست‌ونارەواتان بە دەم خواوە دەگوت‌ودەتان وت: خوا هیچی ڕەوانە نەکردوەو بە هۆی ئەوەی کە خۆتان زۆر بە گەورە گرت‌و مل پێچیتان کرد لەبڕیارەکانی پێغەمبەرﷺو لە ئایین ، جا وا ئەمڕۆ بەو سزایە خوا سووك‌و ڕسواتان دەکات. ئینجاخوا سرنجی هەموو خەڵك بە تایبەت بێ باوەڕان ڕادەکێشێ بۆ بیر کردنەوە لە هاتنی دوا ڕۆژوو دەفەرموێ:

(٩٤) بەڕاستی ئێوە دێن بۆ لای ئێمە بە تاك‌و تەنیایی چۆن لە سەرتاوە لە دایکتان بە تاك‌وتەنیایی دروستمان کردن‌و هیچ توانابیەکتان نەبوو ڕوت‌وقوت بوون هەر ئاوەها بە ڕوتی‌وبەو شێوەیە دێنەوە بۆ لای ئێمە بۆ دادگایی کردنتان، نەماڵ‌ونە منداڵ‌ونە شورەت‌ونە مەقام نە قەسرو نە تەلارو نە هێزو نە سوپات لە گەڵدا نابێت بەڵکو بە تەنهایی دەچیت بۆ بەردەم دادگای خوای گەورەو ئەوەی کە پێمان داون لە شورەت‌و سامان‌و ماڵ‌و مەقام‌و کەس‌و کارو موڵك هەموتان بە جێ هێشت‌و ئێمەنابینین ئەو پاڵپشت‌وشافیعانەش کە واتان دەزانی لە ڕۆژی قیامەتدا شەفاعەتتان بۆ دەکەن لە گەل ئێوەدابن، بە دڵنیایەوە بچڕا ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوانتاندا بوو

إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلْحَبِّ وَٱلنَّوَىٰ ۖ يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ
ٱلْمَيِّتِ مِنَ ٱلْحَىِّ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ (٩٥) فَالِقُ ٱلْإِصْبَاحِ
وَجَعَلَ ٱلَّيْلَ سَكَنًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ حُسْبَانًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ
ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ (٩٦) وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهْتَدُوا۟
بِهَا فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ
(٩٧) وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ ۗ
قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ (٩٨) وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ
مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ
خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ ٱلنَّخْلِ مِن طَلْعِهَا
قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّٰتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا
وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ ۗ ٱنظُرُوٓا۟ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثْمَرَ وَيَنْعِهِۦٓ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكُمْ
لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (٩٩) وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ۖ
وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا
يَصِفُونَ (١٠٠) بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ
وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٌ ۖ وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ (١٠١)

ئەوەی کە گومانتان پێ دەبردن کە لە دنیاو دوا ڕۆژدا بێن بە هاوارتانەوەو تکاتان بۆ بکەن وا ئەمڕۆلێتان ون بوون. ئینجا خوای گەورە هەندێك لە گەورەیی‌و هێزی خۆی پیشان ئەداتودەفەرموێ:

(٩٥) بێگومان کە خوا دانەو ناوکەکان شەق دەکاتو لەو دنکە بچکۆلانە ئەو هەموو گیاوو درەختو بەروبومە جوانانە دەداتو شینایی وئەو درەختە گەورانە دەڕوێنێو زیندو لە مردو دەر دەهێنێت، تەماشاکە لەو زەویە ڕەقو وشکە ئەو سەوزەو میوە دروست دەکاتوئەو زیندوە لەو مردوە دەردەهێنێتو دەردەهێنێ مردوش لە زیندو لەو درەختە زیندوە تۆو دروست دەبێت کە مردوە یان لە مرۆڤ کە زیندوە تۆو ﴿نطفة﴾ دروست دەبێت یان لە مریشك هێلکە دروست دەبێت،واتە: لەو زیندوانە مردویان لێ دروست دەبێت ئەوە خوایە کە ئەوانە دەکات ئیتر ئێوە چۆن لەوراستیە لادەدرێن؟! دەی بیربکەنەوەو واز لەوگوفتارو ڕەفتارە پیس‌و ناپاکانە بهێنن.

(٩٦) ڕۆژ لە شەو جیا دەکاتەوەو شەویشی داناوە بۆ ئارامگرتن کە مرۆڤ تێیدا بحەسێتەوەو ڕۆژو مانگیشی داناوە بۆ حیساب کردن ، چونکە بە هۆی ڕۆژەوە مانگ دەبینرێتوبە کەمو زیادی مانگیش ژمارە دەزانرێت ئەوە ئەندازەگیری خوایەکی خاوەن دەسەڵاتو زانایەو شتێکی گۆترە نیە. جا ئەگەر مانگ وەك ڕۆژ هەر یەك شێوە بوایە زانینی ژمارە بۆ گەلێکی نەخوێندەوار زۆر سەختودژوار دەبوو.

(٩٧) جا هەر ئەو زاتەیە کە ئەستێرەکانی داناوەبۆ ئێوە تا ڕێگەی پێ بدۆزنەوە لە تاریکاییەکانی وشکایی‌و دەریایەکان دا بە تایبەتی ئەمڕۆ حیکمەتی سرنج ڕاکێشی ئەم ئایەتە دەر دەکەوێ کە لەو دەریا گەورانەدا ئەو کەشتیانە چەند شەووڕۆژ دەڕۆن تا دەگەنە جێگای مەبەست ، جا ئەگەر بە بۆنەی ئەستێرەکانەوە نەبێت نازانن بەرەو کوێ دەچن کەواتە خوای گەورە ئەم ئەستێرانەی بۆ سێ شت داناوە. یەکەم : بۆ جوان کردنی ئاسمانی نزیك لە خۆمانەوە وەك لە سورەتی (الملك: ٥) دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ ﴾/دووەم : لە هەمان سورەتدا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَٰهَا رُجُومًا لِّلشَّيَٰطِينِ ﴾ بۆ ئەوە دامان ناوە کە شەیتانەکان بەرد باران بکرێن‌و نەهێڵن نزیك ببنەوە لە ئاسمانەوەو هەواڵ بگەیەننە خوارەوە. سێهەم : وەك لێرەدا فەرموی تا ڕێگای پێ بدۆزنەوە لە شەوی تاریکداو بزانن بۆ کوێ دەچن چ بە هۆی ئەستێرەکانەوە بێ ڕاستەو خۆ یان بە هۆی قیبلەنماکانەوە بێت، ئینجا دەفەرموێ: بە حەقیقەت ئێمە درێژە دەدەین بە ڕۆشن کردنەوەی نیشانەکانی خۆمان بۆ ئەو گەلەی کە زانایەو بتوانێت پەی بە ڕاستیەکان ببات. ئینجا زیاتر درێژە بە باسی دەسەڵاتوهێزی خۆی دەداتودەفەرموێ:

(٩٨) خۆئەو ئەو زاتەیە کە ئێوەی دروست کردوە لە یەك کەس کە ئادەمە ، ئینجا بۆ ئێوە هەیە جێگای ئارام گرتن‌و جێگای بەئەمانەت دانان، ئەم دوو وشەیە بە چەندین مانا ڕاڤە کراوە من وای بۆ دەچم کە بۆ ئێوە هەیە شوێنی ئارام گرتن کە ڕەحمی دایکەوکەم کەم شێوەی دنیایی لێ ئەڕوێتولە پاشا دێتە دنیاوپاش ماوەیەك لە دنیا دەردەچێتو بە ئەمانەت دەخرێتە گۆڕەوە کە کەم کەم

ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ
فَٱعۡبُدُوهُۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ﴿١٠٢﴾ لَّا تُدۡرِكُهُ
ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَهُوَ يُدۡرِكُ ٱلۡأَبۡصَٰرَۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾
قَدۡ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَنۡ أَبۡصَرَ فَلِنَفۡسِهِۦۖ وَمَنۡ عَمِيَ
فَعَلَيۡهَاۚ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيۡكُم بِحَفِيظٖ ﴿١٠٤﴾ وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ
ٱلۡأٓيَٰتِ وَلِيَقُولُواْ دَرَسۡتَ وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿١٠٥﴾
ٱتَّبِعۡ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ وَأَعۡرِضۡ عَنِ
ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿١٠٦﴾ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكُواْۗ وَمَا جَعَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ
حَفِيظٗاۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ ﴿١٠٧﴾ وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ
يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدۡوَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖۗ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا
لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمۡ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرۡجِعُهُمۡ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ ﴿١٠٨﴾ وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَئِن جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ
لَّيُؤۡمِنُنَّ بِهَاۚ قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِۖ وَمَا يُشۡعِرُكُمۡ أَنَّهَآ إِذَا
جَآءَتۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٠٩﴾ وَنُقَلِّبُ أَفۡـِٔدَتَهُمۡ وَأَبۡصَٰرَهُمۡ كَمَا لَمۡ
يُؤۡمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَنَذَرُهُمۡ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ﴿١١٠﴾

شێوەی دوا ڕۆژی لێ دەردەکەوێت کە زیندوو بونەوەو حیسابە پاشان بەهەشتو جەهەننەمە هەر چەند ئەمەیشم بەلاوە دوور نیە کە بڵێین خوا دەفەرموێ: لە پاش ئەوەی کە ئێوەم لە ئادەم دروست کرد دوو جێگاتان هەیە یەکێکیان مانەوەیە بۆ هەمیشە کە بەهەشتو جەهەننەمەو ئەویتریان ئەمانەتە چ ڕەحمو‌چ ژیانی دنیاو چ گۆڕ بێت واللّٰه اعلم، جا چونکە ئەم باسە باسێکی وردە لە پاشدا ئەفەرمویت بە حەقیقەت ئێمە درێژەمان داوە بە ڕۆشن کردنەوەی نیشانەکانمان بۆ گەلێك کە زاناو زیرەكو فامیدە بێت بەڵێ زانای زیرەكو فامیدەدەتوانێ لە بارەی دروست بونی ئەم مرۆڤە ڕێكوپێكو خاوەن هەستو فامیدە لە ئاوێکی سادەی وا کە کابرا ئەگەر بر شنگێکی لێ بکەوێت حەز ناکات کەس بیبینێو زوو خۆی لێ پاك دەکاتەوە ، جا ئەگەر زانایەکی زیرەكو فامیدە نەبێت ئەمانە نازانێت :

(٩٩) ئەوسا ئەوزاتە ئەو کەسەیە کە لە ئاسمانەوە ئاو ڕەوانە دەکات بەو شێوە گرنگە کە دەیبینین، ئینجا بەو ئاوە دەردەهێنن گیایی هەمو شتێك، پێشەکی هەموو شیناىو درەختێك گیایەکی ناسکی بچوکەو بە هۆی ئاوەوە سەوز دەبێت ، جا لەو گیایە شینایمان دەرهێناو لەو شیناییەش دانەی سوار بو لە سەر یەکمان دەرهێناو لە دار خورما لەو کیسەی کە لێی دەڕوێت هێشوی شۆڕ بوە بە هۆی قورسیەوە دەرهێناوەو چەندین باخچە لە ترێو زەیتونو هەناری لەیەکچوو لە یەك نەچومان ڕواندوە ، با تەماشای بەروبومەکەی بکەن کاتێك کە بەر ئەداتو کاتێ کە پێ دەگات چەند جیان لەیەك لە تامو ڕەنگو شێوازەوە لە سەرەتاوەتا پێ دەگات ، کێ ئەم گۆڕانکارییەی پێ دەکات؟ بێگومان لەوانەی کە باسمان کردن چەندین بەڵگە هەیە لە سەر هێزو دانایىو زانایی خوا بۆ گەلێك کە باوەڕ بهێنن. ئینجا خوای گەورە باسی ناسوپاسىو نەزانی زۆربەی مرۆڤ دەکاتو دەفەرموێ:

(١٠٠) لە گەل ئەوەدا چەندین هاوبەشیان داناوە بۆ خوا کە هەندێکیان جنۆکەن کە خوای گەورە ئەوانی دروست کردوەو بە ناڕەوا دای دەنێن بۆ خوا کوڕانوکچان بە بێ ئەوەی کە هیچ زانایییەکیان لەم بارەوە هەبێت، ئەوەتە گاورەکان دەڵێن: "عیسى ابن اللّٰه/ عیسا کوڕی خوایە". جولەکەکانیش دەڵێن:"عزیر ابن اللّٰه/ عوزەیر کوڕی خوایە"و بت پەرستەکانیش دەڵێن: "فریشتەکان کچی خودان" واتە ئەوان ئاوا بە ناڕەوا کوڕو کچیان بۆ خوا داناوە خوای گەورە زۆر بەرزو پاكو بێ نیازە لەو وەسفەی کە ئەوان دەیکەن. خوا دروست کەری ئاسمانانو زەویو هەموو شتەکانی ناویانەو چ نیازێکی هەیە بە منداڵو بە هاوسەر؟ جا پێویستە لە سەر ئێمە هەروەك خۆی دەفەرموێ: ئێمەیش بڵێین: "سبحانه وتعالى عما يصفون/ پاكو بێگەردە خواو بەرزە لەو سیفەتانەی کە ئەوان بۆ خوای دادەنێن".

(١٠١) بەدی هێنەری ئاسمانانو زەویە، چۆن دەبێ کوڕی ببێت کە ئەو خێزانی نیە چونکە منداڵ وبەچکە دەبێ لە دوو شتی لە یەك چوو هاوشانی یەكوموناسبی یەکتر بن دەی خۆ کەس هاوشانو هاو تەریبی خوا نیەو لەو ناچێت ، ئیتر چۆن دەبێ بڵێین خوا ئەولادی هەیە؟ لەحاڵێکدا کەئەو هەموو شتێکی دروست کردوە، مادام هەمووی

دروستكراوی ئەو بێت ئیتر چ نیازێكی بەو دروستكراوەی
خۆی هەیە؟ وە ئەو زانیاری بەسەر هەموو شتێكدا هەیە.
(١٠٢) ئەو (الله) یە پەروەردگاری ئێوەیەكە هیچ خوایەكی تر
نیەو پەرستراوێكی راستەقینەی تر نیە بێجگە لە ئەو
كەدروست كەری هەمو شتێكە، دەی بی پەرستن خۆ ئەو
چاودێرو پارێزەری هەمو شتێكە.

(١٠٣) دیدەكان ناتوانن ئەو ببینن بەڵام ئەو دەتوانی هەموو
دیدەكان ببینێو حەقیقەتیان بزانێ چونكە خۆی
دروستیان دەكات ، وە هەر ئەوە زۆر ریز بینو وردبینو
بەئاگایە. جا لەم ئایەتەدا كە خوا دەفەرموێ:﴿ لَا تُدْرِكُهُ
الْأَبْصَارُ ﴾/چاو دەركی ناكات كە هەندێك ئەمە دەكەن بە
بەڵگە لە سەر ئەوەی كە مرۆڤ خوا نابینێت بەڵێ راستە لە
دنیادا مرۆڤ ناتوانێ خوا ببینێت، بەڵام لە قیامەت دا
دەتوانێ وەك لە سورەتی (القیامە) دا دەفەرموێ: ﴿ وُجُوهٌ
يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ (٢٢) إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ (٢٣) ﴾/ رووەدم وچاوانێكی زۆرن كە
لە رۆژی قیامەتدا دەدرەوشێنەوە چونكە تەماشای خوای
خۆیان دەكەن﴾، هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: { إِنَّكُمْ
سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ كَمَا تَرَوْنَ هَذَا الْقَمَرَ /متفق علیه/ بێگومان بەم
زوانە خوای خۆتان لە رۆژی قیامەتدا دەبینن وەك چۆن
ئائەم مانگی چواردەیە دەبینن لە دنیادا} جا ئەوانەی كە
ئینكاری بینینی خوا دەكەن لە قیامەتدا بە هەڵە دا چوون
بەڵام لە دنیادا نایبینین نەك لە بەر مانای ئەم ئایەتە
بەڵكو بە گوێرەی ئایەتی ﴿لَن تَرَانِي﴾/الأعراف: ١٤٣/ ناتوانی
بم بینی، بۆیە دەڵێم لە بەر مانای ئەم ئایەتە نە، چونكە
من بەم شێوەیە لە مانای ئەم ئایەتە تێ دەگەم كە الله
دەفەرموێ: ﴿ لَا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ ﴾/یەعەنی دیدەكان دەركی
واقعیەتی ناكەن دەرك كردن غەیری بینینە تۆ دەگونجێ
شتێك ببینی بەڵام نەزانی حەقیقەتەكەی چۆنە ئێمە خوا
دەبینین لە قیامەتدا بەڵام دەگونجێ دەركی حەقیقەتی
ناكەین بەڵام خوا هەموو دیدەكان دەبینێو حەقیقەتیان
دەزانێ چونكە خۆی دروستی كردونو دەیان پارێزێ. ئینجا
خوای گەورە دەفەرموێ:

(١٠٤) ئەی ئەو كەسانەی كە قورئان قسەتان لە گەڵدا دەكات
بە راستی هاتوتە لای ئێوە چەندین بەڵگەی رۆشنكەرەوە
لە لایەن پەروەردگاری خۆتانەوە ، ئەو بەڵگانە وەك
دوربینن چۆن كاتێك چاو شتێك نابینێت ، بەڵام كە
دوربین لە چاو دەكات دەزانێ چیەو دەیان بینێ، جا ئەو
كەسەی كە چاو بكاتەوەو سود لەو بەڵگانە وەربگرێت وباش
لێی وردببێتەوە سودەكەی بۆ خۆیەتیو ئەو كەسەش كە
خۆی كوێر بكاتوئەو هەموو بەڵگانە نەبینێ زیانی بە
خۆی گەیاندوە ، جا ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: من حەرەسی
ئێوە نیم كە نەیەڵم ئێوە بەم لاو لادا برۆنو لە هەمووشت
بتان پارێزم.

(١٠٥) جا وا ئایاتەكانی خۆمان دەگۆڕینوشی دەكەینەوە
بۆیان، وە ئەوان با بڵێن: تۆ ئەمانەت خوێندوە ، كاتێ كە
پێغەمبەرمانﷺ ئەمانەی باس دەكرد خەڵكی مەكە ،
چونكە خۆیان نەخوێندەوار بوونوشتی وایان نەدەزانی
دەیان وت: تۆ ئەمانەت لە لای جولەكەو گاورەكان
خوێندوەو فێری بویتو بۆ ئێمەی باس دەكەیت ، ئیتر
بیریان لەوە نەدەكردەوە كە ئەم شەخسە هەر لە منداڵیەوە
تا بەم تەمەنە گەیشتوە هیچی نەخوێندوەوهەمیشەش لە
بەر چاویان بوە، ئیتر چۆن هەروا بە چاو پێ كەوتنێك
دەتوانێت ئەم هەموو شتە گرنگانە بزانێت؟ هەروەها
دەفەرموێ: سوێند بە گەورەیی خۆم راستیوناراستی بۆ
گەلێك كە بیانەوێ بزانن رۆشن دەكەینەوە تا پەیڕەوی
راستیەكان بكەنودوور بكەونەوە لە خراپەو ناراستیەكان.
بەراستی قورئان بەیانە بۆ هەموو كەسێك بەڵام زانایان
سودی لێ وەردەگرن ، لەبەر ئەوە دەفەرموێ: بۆ ئەوانەی
كە بیانەوێ بزانن وەك لە سورەتی (فاتیر /٢٨) دا
دەفەرموێت:﴿ لەناوبەندەكانی الله دا هەرزانایانن كە
لەخوادەترسن﴾ زاناش واتە ئەهلی تەوحیدو یەكتا
پەرستی بێجگە لەوانە كەس بە زانا دانانرێت ، چونكە
هەر خۆیان لە رۆژی قیامەتدا دان دەنێن بە نەزانی
خۆیاندا وەك لە سورەتی (الملك/١٠) دا دەفەرموێ:
﴿خوانەناسان دەڵێن: ئەگەر ئێمە بمان بیستایەوژیریمان
كاری بكردایە ئێستا لەم ئاگرە داخەدا نەدەبووین﴾ واتە دان

به بێ عەقڵی خۆیان دا دەنێن. وشەی (دەرەستە) بە (دارەستە)ش خوێندراوەتەوە. ئینجا دەفەرموێ:

(١٠٦) ئەی محمد ﷺ تۆ پەیڕەوی ئەوە بکە کە لە لایەن پەروەردگارتەوە پێت گەیشتوە کە قورئانەو هیچ پەرستراوێکی راستەقینە نیە بێجگە لە ئەوو پشت بکەرە ئەوهاوەڵدانەرانە بۆ ئەو پەروەردگارە یەکتایەو گوێیان پێ مەدە. ئەمە بەر لە فەرز بونی جیهاد بوە، ئینجا خوا دڵخۆشی پێغەمبەرمان دەکات ودەفەرموێ:

(١٠٧) ئەوسا ئەگەر خوا ئارەزۆی لێ بوایە ئەوان هاوبەشیان دانەدەنا بۆ خوا بەڵام زۆری لێ نەکردون وخۆیانی کردوە بە سەر پشك ئەوانیش لە باتی یەکتا پەرستی هاوەڵیان بۆ داناوە کەواتە تۆ نارەحەت مەبەو تۆمان دانەناوە کە چاودێرو نیگابانی ئەوان بیت کە بەهەڵەدا نەڕۆن ، وە تۆ وەکیلو زامنی ئەوان نیت بۆ رزقو رۆزیو کارو باریان ، تۆ تەنها گەیاندنو رۆشن کردنەوەت لە سەرە وەك لە سورەتی (الرعد/٤٠) دا دەفەرموێ: ﴿ لە سەر تۆ تەنها گەیاندنە وە لە سەر ئێمەیە حیساب کردن﴾

دەڵێن کاتێ کەئەبو تالب کەوتە سەرە مەرگ قورەیشیەکان وتیان: وەرن با بچینە لای ئەو پیاوەو پێی بڵێین: برازاکەت بەرگری بکە لە قسە وتن پێ مان ، چونکە ناشیرینە دوای مردنی بیکوژینو عەرەب بڵێ: تا مامی مابو پارێزگاری لێ کرد وەختێ کە مرد کوشتیان ، جا بۆ ئەو مەبەستە ئەبو سوفیانو ئەبو جەهلو نەزری کوڕی حاریسو ئومیەو ئوبەیەی کوڕانی خەلەفو عوقبەی کوڕی ئەبو موعەیتو عەمری کوڕی عاسونەسوەدی کوڕی بەختەری یەکێکیان لە خۆیان ناردە لای ئەبو تالیب کە ماوەیان بدات بچنە لای ، ئەویش هاتە لای ئەبو تالیبو وتی: ئەوە ریش سپیانی گەلەکەتن دەیانەوێ بێنە لات، ئەویش ماوەی پێدانوهاتنە لایو وتیان: ئەی ئەبو تالب تۆ گەورەی ئێمەو ریش سپی ئێمەیت بە راستی محمد ئازاری خۆمانوخواکانی داوین پێمان خۆشە بانگی بکەیتوبڵێیت: وازبێنێ لە باس کردنی خواکانی ئێمەو ئێمەش واز لەئەوو لە خواکەی دێنین، ئەبو تالبیش بانگی کردو وتی: ئائەوانە گەلی تۆنو ئامۆزاتن پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: چیان دەوێ؟

ئەویش قسەکەی ئەوانی پێ وت، وتی: گەلەکەت بە ویژدان بونوتۆیش وەری گرە لێیان، پێغەمبەر ﷺ فەرموی ئەگەر من ئەوەتان پێ بدەم ئێوەش کەلیمەیەك لە من وەردەگرن ئەگەر بڵێن: بەڵێو وەری بگرن دەبن بە گەورەی عەرەبو غەیرە عەرەبیش گەردن کەچ دەبێت بۆتانو سەرانەتان پێ دەدات؟ ئەبو جەهل سوێندی بۆ خواردو وتی: دە ئەوەندەش لە تۆ وەردەگرین، ئەوە چیە؟ فەرموی بڵێن: (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) هەر کە بیستیان نارەحەت بونو وەریان نەگرتو ئەبو تالب وتی: شتێ تریان پێ بڵێ گەلەکەت زۆر توڕەن لەوە فەرموی: ئەی مامی خۆم من بێجگە لەوە شتێکی تر ناڵێم هەتا رۆژ نەهێننودابنێن لە دەستمدا وە ئەگەر رۆژیش بهێننودابنێن لە دەستمدا من بێجگە لەوە شتێکی تر ناڵێم . بەم شێوەیە ویستی کە نائومێدیان بکات جائەوانیش رقیان هەستاو وتیان: یان دەبێ وازبێنی لە جنێو دان بە خواکانمان یان ئێمەش جنێو دەدەین بە تۆوبەو کەسەیش کە فرمانت بە سەردا دەدات، ئەمەیە مەبەستی ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ: جائەوان جنێو بە خوا دەدەن کوێرانەو بێ ئەوەی هیچ شت بزانن قەتادە دەڵێ: موسڵمانەکان جنێویان دەدا بە بتانی بێ باوەڕانو ئەوانیش دوژمنانەو بێ زانایی جنێویان بە خوا ئەداوخوایش ئەم ئایەتەی رەوانە کرد.

(١٠٨) جا ئێوە جنێو بەو کەسانە مەدەن کە بێجگە لەخوا دەپەرستن ، چونکە ئەوانیش جنێو بە خوای ئێوە دەدەن بە بێ ئەدەبیو بە نەفامی ئەو کاتە تاوان دەکەوێتە سەر ئێوە. وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {گەورەترین گوناح ئەوەیە کە مرۆڤ جنێو بە دایكو باوکی خۆی بداتو لەعنەتیان لێ بکات. یارەکان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا کێ هەیە لەعنەت لە دایكو باوکی خۆی بکات؟ فەرموی: جنێو بە باوکی کابرا دەدات ئەویش جنێو بە باوکی ئەو دەداتو جنێو بە دایکی کابرا دەدات ئەویش جنێو بە دایکی ئەو دەدات کەوابوو خۆی بوبە هۆی جنێودان بە باوكودایکی، واتە: پێویستە لە سەر بانگەواز کەرانی ئایین لە کاتی قسە کردن لە گەل دوژمنانی ئاییندا جنێو بەو شتانەی لای ئەوان پیرۆزە نەدات ئەگەر چی شتێکی

خراپەو پێویستە بە خەڵکی بناسێنرێت ، چونکە لەو کاتەدا ئەوانیش رقیان هەڵدەستێتو لەوانەیە قسەی خراپ بە خواو بە ئایینو بە پێغەمبەرﷺ بڵێن: واتە پێویستە ئەو جنێوە لەو کاتەدا واز ی لێ بێنێ لە بەر بەرژەوەندی ئایین، چونکە هەر کەسێك بیروباوەڕی خوای لا جوانە وەك دەفەرموێ: وە هەر ئاوەها ئێمە جوانمان کردوە بۆ هەموو گەلێك کردەوەکەی خۆی ، واتە: هەر کەسێك کردەوەکەی خۆی پێ چاکە لە پاشان بۆ لای پەروەردگاری خۆیان دەگەڕێنەوە ، ئینجا خوا هەواڵی کارو کۆششەکانیان پێ دەداتو تێیان دەگەیەنێ کە چیان کردوە بەڵام خۆ ئەوان ئەو کوڕە دەمهارەکەی دنیا نین لەوێ لە ترسا دەڵێن: هیچ ئیشێکی خراپمان نەکردوە.

(١٠٩) وئەوسا ئەوانە سوێند دەخۆن بە سوێندێکی زۆر توندو گەورەو دەڵێن: ئەگەر نیشانەیەك لەوانەی کە داوای دەکەن بێت بێگومان باوەڕی پێ دێنین بڵێ: ئایات وموعجیزات بە دەستی خوایە وبە دەستی من نیە ، بەڵام ئێوە نازانن ئەگەر ئەو داواکاریەی خۆیانیان بۆ بهاتایە ئەوان هەر باوەڕیان نە دەهێنا ، وە دەگونجێ مانای ئاوەها بێت بێ باوەڕان سوێندی پتەو دەخۆن بە خواو دەڵێن: ئەگەر ئەو داخوازیانەیان بهاتایەتە دی باوەڕیان دەهێنا بەو، خوای گەورەش دەفەرموێ: ئەی محمد پێیان بڵێ: جێ بە جێ کردنی داواکاری ئێوە تەنها بە دەست خوایەو خاوەن باوەڕان پێیان خۆشبو داواکاری بێ باوەڕان جێ بە جێ بکرایە بەڵکو باوەڕ بهێنن خوایش دەفەرموێ: ئێوە نازانن ئەگەر ئەو داواخوازیانەشیان بۆ جێبەجێ بکرایە هەر باوەڕیان نەدەهێنا ، یان بە چی دەزانن ئەگەر جێ بە جێ بکرایە بۆیان باوەڕیان دەهێناو لەم حاڵەتەدا (لَا) لە وشەی ﴿لَا يُؤْمِنُونَ﴾ زیادەیەو پێ ی دەوترێت (لَا)ی پەیوەندی، لێرەش ئەوەمان تێ دەگەیەنێ کە نابێ داخوازی بێ باوەڕان جێ بە جێ بکرێتو موسڵمان بۆ خاتری ئەوان چاوپۆشی لە هەندێ یاساوبڕیاری خوا بکات بە ناوی بەرژەوەندیەوە ئینجا دەفەرموێ:

(١١٠) جا هەر ئاوەها ئێمە دڵەکانیانو چاوەکانیان دەگۆڕین هەروەك چۆن لەسەرەتاوە باوەڕیان نەهێنا هەروا لە سەر

۞ وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا
عَلَيْهِمْ كُلَّ شَىْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ
أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ ﴿١١١﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِىٍّ عَدُوًّا
شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِى بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ
ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ
﴿١١٢﴾ وَلِتَصْغَىٰٓ إِلَيْهِ أَفْـِٔدَةُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ
وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُوا۟ مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ ﴿١١٣﴾ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ
أَبْتَغِى حَكَمًا وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ ٱلْكِتَٰبَ مُفَصَّلًا ۚ
وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ ۖ
فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿١١٤﴾ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا
وَعَدْلًا ۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١١٥﴾ وَإِن
تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِن
يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿١١٦﴾ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ
أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِۦ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١١٧﴾
فَكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُم بِـَٔايَٰتِهِۦ مُؤْمِنِينَ ﴿١١٨﴾

بێ باوەڕیو خراپی دەیان هێڵینەوەو وازیان لێ دەهێنین تا بە تەواوی بە هۆی سەرکەشیولە خۆبایی بونیانەوە سەرگەردانو سەرلێشێواو دەبن،

(١١١) خۆ ئەگەر ئێمە فریشتەکانمان ڕەوانە بکردایە بۆ لایانو مردوەکان زیندو ببنەوەوقسەیان لە گەڵدا بکەن و هەرچی شتێك هەیە کۆمان بکردایەوە بۆیان بە چاوی خۆیان بیان بینایە ئەوان هەر باوەڕیان نەدەهێنا مەگەر خوا ئارەزۆی لێبوایە ، ئاشکرایە خوایش دنیای بۆ تاقیکردنەوە دروست کردوە نە کەس بە زۆر باوەڕدار دەکاتونە کەسیش بەزور بێ باوەڕ دەکات ، بەڵام زۆربەی ئەوان نەزانانە دەجوڵێنەوەو پێیان وایە ئێمە ئاگامان لێیان نیەونازانین دەیانەوێت چی بکەنوچیان دەوێ ، جا خوای گەورە بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:

(١١٢) وەك چۆن ئێستا دوژمنانێك بۆ تۆ هەنو دوژمنایەتیت دەکەن هەرئاوەها بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوژمنمان داناوە لە شەیتانو شەیتان سیفەتانی مرۆڤوجنۆکە ، کە نیگا دەکەنە لای یەکتریو هەواڵ دێنن بۆ یەکتری بە قسەی زلو بریقە دار بۆ فریودانی خەڵکی

هەردوو بەشەکە، واتە: هەر کەسێك بەرنامەیەکی وا راستی بۆ هاتبێ هەمیشە دوژمنایەتی کراوەو رەوشتی خوا وایە لەم بونەوەرەدا هەمیشە راست‌وناڕاست هەبێ وە مل ملانێ بکەن‌و بەو مل ملانێیە بەهەشت‌و جەهەننەمی بەر دەکەوێت ، وە ئەگەر پەروەردگارت ئارەزۆی لێ بوایە نەیان دەتوانی شتی ئاوەها بکەن‌و دژایەتی تۆ بکەن کەوابوو وازیان لێ بێنەو خەفەت مەخۆ کە باوەڕ ناهێنن ودوژمنایەتیت دەکەن زۆرنابات بەسزای کرداری خۆیان دەگەن دەی با هەر درۆ هەڵببەستن تۆ پشت ببەستە بە خوا ئەو بەسە بۆت‌و یارمەتی دەرتە بە سەر دوژمنانتا.

(١١٣) جا تا دڵی ئەوانەی کە باوەڕیان بە رۆژی دوای نیە راکێشن بۆ لای ئەو قسە هەڵەو نادروست‌و دوژمنکاریانەو تا بەو شتە رازی ببن‌و تا هەڵی بەستن قسەی پڕو پوچ‌و نادروست ئەوەی کە هەڵی دەبەستن ، واتە: هەرچی دەکەن با بیکەن‌وبڵێ:

(١١٤) ئایا بێجگە لە خوا بکەم بە ناوبژی کەر بۆ جیا کردنەوەی راست‌و ناڕاست، لە حاڵێکدا ئەو ، ئەو زاتەیە کە ئەم قورئانەی رەوانە کردوە بۆ ئێوە بە شێوەیەکی رونکراوەو باسی هەموو شتێکی پێویستی ئێوەی کردوە ، وە ئەوانەی کە کتێبمان پێ داون وەك جولەکەو گاور دەزانن کە بە راستی ئەمە لە لای پەروەردگاری خۆتەوە بە راستی‌وبۆ مەبەستێکی راست‌و دروست هاتوەو لەوانە عەبدولڵا ی کوڕی سەلام کە زانایەکی جولەکە بوو لە پاشان موسڵمان بوو زانایەکی زۆر یش بوو، کەوابو هەرگیز نەکەویتە گومانەوە لە راستی‌و دروستی ئەم قورئانە. ئاشکرایە کەمەبەست گەلەکەیەتی ئەگینا پێغەمبەر ﷺ هەرگیز گومانی نەبوە.

(١١٥) جا تەواو بوو فرمانی پەروەردگاری تۆ کەراستەو رێك‌و پێکەو هیچ کەم‌و کوڕیەکی تێدا نیە کە گۆڕێنەریش نیە بۆ فرمانەکان‌و بڕیارو یاساکانی ئەو زاتەو ئەو بیسەرە بۆ هەموو قسەکان‌و زانەرە بۆ هەموو نیشەکان‌و هیچ شتێك لەو حەشار نادرێت.

(١١٦) ئەوسا ئەگەر تۆ پەیڕەوی زۆرینەی خەڵکی سەر زەوی بکەیت ئەوە گومڕات دەکەن‌و لات دەدەن لە سەر رێگای خوا. ئەمەش مانای ئەوەیە کە زۆربەی خەڵك باوەڕ ناهێنن‌و بەرەو سەر لێشێوان‌و گومڕاهیش خەڵکی بانگ دەکەن‌و بەم شێوەیە ئەم دوو قسەیە هەڵدەوەشێتەوە. یەکەم : قسەی ئەو کەسانەی کە دەڵێن وەختێ پێویستە هەوڵی حاکمیەت بدرێت کە زۆربەی خەڵك باوەڕ بهێنێت کە ئەمەش بە گوێرەی ئەم ئایەتەو دەیان ئایەتی تر هەرگیز نابێ. دووهەم : نابێ ئایین‌و حاکمیەتی خوا لە رێگای هەڵبژاردنەوە بێ، چونکە زۆربەی خەڵك نەك هەر باوەڕ ناهێنن‌و دژی ئایین دەبن بەڵکو زۆربەی خەڵکی بانگەوازی گومڕاهی دەکەن وەك لێرەدا ئەفەرموی:"ئەگەر بە گوێی زۆربەی خەڵکی بکەی گومڕات دەکەن" بەم شێوەیە دەرئەکەوێت کە هەڵبژاردن‌وپەرلەمانانی ئەمڕۆ پەیوەندی بە ئیسلام‌و موسڵمانانەوە نیەو نابێ هاوبەشی بکەن لە هیچ کامیان دا هەروەك لە سورەتی یوسف/١٠٣ دا دەفەرموێ: " زۆربەی خەڵکی ئەگەر چی سوریش بی لە سەریان هەر باوەڕ ناهێنن" .
ئێمە لەم بارەوە شتێکمان نوسیوە بە ناو نیشانی (ئایین‌وهەڵبژاردن) ئەگەر تەماشای بکەن بە سودە ، چونکە زۆربەی ئەو ئایەتانەی کە باسی زۆربەی خەڵك دەکەن نوسیومانە جێگای داخە لە گەڵ بوونی ئەو هەموو ئایەتانەدا لە هەندێ ولا تدا موسڵمانان دەیانەوێ لە رێگای سندوقی دەنگدانەوە بگەن بە سەروەری‌و ئەنجام دانی یاسای خوا، ئەو خوایەی کە بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێ: ﴿ئەگەر پەیڕەوی زۆربەی خەڵکی سەر زەوی بکەیت گومڕاهت دەکەن﴾ وە دەفەرموێ: ئەوان تەنها شوێنکەوتوی گومانن‌و بێجگە لەوەی کە درۆزن‌و ناحەق وێژن هیچ شتێکی تر نین‌و ئیشیان تەنها گومان بردن‌و خەملاندن‌و پێش بینیەو تا جارێکی راست دەربچێت سەدان جار هەڵە دەبێ.

(١١٧) بێگومان پەروەردگارت خۆی دەزانێ کە کێ گومڕاهەو لای داوە لە رێگاکەی‌و هەر ئەو دەزانێ کە کێیش رێگای خوای گرتوە.

(١١٨) بیخۆن گۆشتی ئەو حەیوانەی کە ناوی خوای لە سەر براوە لەکاتی سەر بڕینی دا ئەگەر ئێوە بە ئایەتەکانی خوا باوەڕدارن،واتە: ئەوەی کە ناوی خوای لە سەر نەبرێت مەیخۆن. ئینجا موسڵمان هەڵ دەنێ بۆ خواردنی ئەو گۆشتانەودەفەرموێ:

(١١٩) ئەوە چیە ئێوە ناخۆن گۆشتی ئەوەی کە ناوی خوای لە کاتی سەر بڕینیا لە سەر براوە کە بەدڵنیاییەوە خوا ڕۆشنی کردوەتەوە بۆتان ئەوەی کە حەرامی کردوە لە سەرتان مەگەر ئێوە ناچار بن بۆ خواردنی وەك گۆشتی بەرازو حەیوانی مردارۆبو، وە بە ڕاستی زۆربەی خەڵك گومڕا دەبن بە هۆی ئارەزۆەکانیانەوە بەبێ ئەوەی هیچ زانینێکیان هەبێت تەنها پەیڕەوی لە هەواو نەفسی خۆیانەوە دەکەن کە بێگومان پەروەردگارت خۆی دەزانێ کێ لەگای بگاردووەو کێ لە سنور دەرچودو خراپەکارە.

(١٢٠) دەی واز بێنن لە هەموو گوناهی ئاشکراو پەنامەکی ، چونکە خوا ئاگادارە بە سەر هەموو کردارەکانتان دا بە ڕاستی ئەو کەسانەی کە گوناح دەکەن بەم زوانە تۆڵەیان لێ وەردەگیرێت بە هۆی ئەو گوناحانەی کە کردویانە ، سەبارەت بە گوناح پێغەمبەرمانﷺدەفەرموێ: {الْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي صَدْرِكَ وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ./ مسلم/. گوناحو تاوان ئەوەیە بێت بە دڵتاو پێت خۆش نەبێ کە خەڵك پێی بزانێ} ئینجا خوای داناو ئاگا دەفەرموێ:

(١٢١) ئەوسا نەکەن ئەو حەیوانانە بخۆن کە لە کاتی سەربڕینیاندا ناوی خوای لە سەر نەبربێت ، چونکە ئەو خواردنەو ئەو کردارە گوناحەو دەرچون لە سنورەو بەراستی شەیتانەکان وەحی دەکەنە لای دۆستەکانی خۆیان کە دەمە دەمەو موناقەشەتان لە گەل دا بکەن ، جا ئەگەر لە هەندێ مرۆڤی بێ باوەڕو خراپەکارەوە قسەی ڕێكو پێكو گرنگت گوێ لێ بوو سەرت سوڕ نەمێنێو نەڵێیت چۆن شتی وا دەزانێ چونکە شەیتانە جنۆکەکان ئەو قسانە دەخەنە ناو دڵیانەوە بۆ خەڵەتاندنی خەڵکی ساویلکەوە بۆنمونە: دەیان وت: بۆ حەیوانێك کە خۆتان بیکوژنەوە حەڵاڵەو دەیخۆن بەڵام ئەوەی کە خوا بیکوژێتەوە نایخۆن؟

وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ
لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ
بِأَهْوَائِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِالْمُعْتَدِينَ (١١٩)
وَذَرُوا ظَاهِرَ الْإِثْمِ وَبَاطِنَهُ ۚ إِنَّ الَّذِينَ يَكْسِبُونَ الْإِثْمَ
سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُوا يَقْتَرِفُونَ (١٢٠) وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ
اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ ۗ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ
أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ (١٢١)
أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي
النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ۚ كَذَٰلِكَ
زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٢٢) وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا
فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَابِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا فِيهَا ۖ وَمَا
يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ (١٢٣) وَإِذَا جَاءَتْهُمْ
آيَةٌ قَالُوا لَن نُّؤْمِنَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَا أُوتِيَ رُسُلُ اللَّهِ ۘ اللَّهُ
أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ ۗ سَيُصِيبُ الَّذِينَ أَجْرَمُوا
صَغَارٌ عِندَ اللَّهِ وَعَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا كَانُوا يَمْكُرُونَ (١٢٤)

جا الله دەفەرموێ: خۆ ئەگەر ئێوە بە گوێی ئەوان بکەن‌و ئەو حەیوانە مردارۆ بووە بخۆن بە ڕاستی ئێوەش لە ڕیزی موشریکان دەبن. لێرەدا پێویستە ئەم چەند شتە بڵێین:

یەکەم: هەر حەیوانێك بە ڕێك وپێکی سەر بڕاو ناوی بێجگە لە خوای لە سەر وترا نابێ گۆشتی ئەو حەیوانە بخورێت.

دووهەم: هەر حەیوانێ بە هۆی سەگی مۆچێنراوو باڵندەی موچێنراوە گیراو پێش ئەوەی خاوەنەکەی بیگاتێ‌وسەری ببڕێ بمرێت حەڵاڵە خواردنی.

سێهەم: هەر حەیوانێك سەر بڕاو هەلقەیەك لە قورگی بە سەریەوە نەڕۆیشت با موسڵمانیش سەری بڕی بێت‌و(بسم الله) یشی کرد بێ، حەرامە خواردنی.

چوارەم: هەر حەیوانێك کە گۆشتی بخورێت‌وئەهلی کتێب سەری بڕی بێت حەڵاڵە خواردنی. پێنجەم: هەر حەیوانێك کە پاشگەز بوویەك (مورتد) یان بێ باوەڕێکی بێ کتێب سەری ببڕێ با چاکیشی سەر ببڕێت گۆشتی ئەو حەیوانە ناخورێت.

شەشەم : ئەگەر موسڵمانێك حەیوانێکی بە ڕێك‌وپێکی سەر بڕی بەڵام (بسم الله)ی نەکرد ئەخورێت یان نە؟

زانایان سێ قسەیان هەیە هەندێکیان دەڵێن: ئەو سەر براوە ناخورێت ئیتر ئەو (بسم الله) یەی لە بیر چوبێت یان دەستی ئەنقەست نەی وتبێت لەوانە عەبدوڵای کوڕی عومەرونافیع وشەعبیومحمدی کوڕی سیرینو ریوایەتێکی ئیمام مالیكو ئیمامی ئەحمەدیشە. دووهەمیان : دەڵێن: بە پێچەوانەی یەکەمەوە دەڵێ (بسم الله) کردن سونەتە، جا ئەگەر نەکرا بە سەهو یان بە دەستی ئەنقەست زیانی نیەوحەڵاڵە ئەو گۆشتە ئەمەش مەزهەبی ئیمامی شافعیوهەموو یارەکانیەتیو ریوایەتێکی ئیمام مالیكو ئیمام ئەحمەدیشەولە عەبدوڵای کوڕی عەباسوئەبو هورەیرە عەتای کوڕی ئەبو رەباحەوە باسکراوە. سێهەمیان: دەڵێ ئەگەر کابرا (بسم الله) کردنی لە بیر چوو ئەوە ئەو گۆشتە حەڵاڵە بەڵام ئەگەر هەر بە دەستە ئەنقەست نەیگوتبو حەرامەو نابێ بخورێت. ئەمەش بە ناوبانگە لە مەزهەبی ئیمامی مالیكو ئەحمەدی کوڕی حەمبەل داو مەزهەبی ئەبو حەنیفەیشە.

(١٢٢) ئایا ئەو کەسەی کە مردوە ئەوسا ئێمە زیندوی بکەینەوەو گومڕایە رێنمایی بکەینو روناکیەکی وای پێ بدەین کە بەو روناکیە بە ناو خەڵکا هاتو چۆ بکات ئایا ئەم کەسە وەك ئەو کەسەیە کە لە ناو چەندین تاریکایی دا بێ نەتوانێ دەربچێ لێی؟ نەخێر ئەم دوانە هەرگیز وەك یەك نین، جا مادام وەك یەك نین دەی بۆ بێ باوەڕان بیر لە خۆیانو پاشەڕۆژیان ناکەنەوە؟ وەڵامەکەی ئەمەیە کە خوا دەفەرموێ: چونکە جوان کراوە بۆ بێ باوەڕان ئەو کردارە ناپەسندانەو ئیشی خۆیانیان بەلاوە لە ئیشی هەمو خاوەن باوەڕێك بە چاکترو جوانتر دەزانن، ئینجا خوای گەورە دڵی پێغەمبەرمان ﷺ دەداتەوەو دەفەرموێ:

(١٢٣) هەروەك چۆن ئەی محمد ﷺ تۆ لە مەکەدا دوژمنانێکت هەیەو بەرەنگاریت دەکەن بزانە کە ئەمە شتێکی تازە نیەوتەنیا بۆ تۆ بوبێت هەر ئاوەها ئێمە لە هەمو شارو گوندێکدا گەورەکانی ئەو شارەمان سەروەتو سامانو هێزمان پێ داوە تا ئەوان دەستیان کردوە بە فڕو فێڵ لەو شارەدا دژی پێغەمبەرانوپیاو چاکانی سەردەمی خۆیان ، بەڵام لەو فڕو فێڵوئیشە خراپانەیان بێجگە لە سەر شۆڕیوشکان هیچیان بۆ نەماویەوە وەك دەفەرموێ: خۆ فێڵیان لە کەس نەکردوە بێجگە لە خۆیان بەڵام خۆیان هەستی پێ ناکەن. ئەمە وەك ئایەتی شانزەی سورەتی (ویسرا) وایە کە دەفەرموێ: ﴿جا هەر کاتێ بمانەوێ جێگایەك لە ناو ببەین فرمان دەدەین بە سەر خاوەن دەسەڵاتو گەورەی ئەو جێگایە دا کە پەیڕەویمان بکەن ، بەڵام ئەوان دەست دەکەن بە تاوانوخراپە لەو جێگایەداو موستەحەقی تۆڵە دەبنو بڕیاری تۆڵە سەندنەوەی ئێمە لە ستەمکاران دێتە جێ ، ئینجا ئەو جێگایە لە ناو دەبەینو وێرانی دەکەین﴾

بەڵێ تاوانباران کاتێ کە تاوانو خراپە دەکەن ئەگەر پێیان بوترێت: دەست لە تاوان بکێشنەوەو خراپە مەکەن هەر زۆر بەزویی دەڵێن: ئازادیە، دیموکراتیە وا دەزانێ ئازادیو دیموکراتی تەنها بۆ ئەوەو کەسی تر مافی ئازادی نیەو نابێ قسە بکات! ئاخ مرۆڤ وەختێك لات دا لە یاسای خوا چەند لاسارو نەفامیتو چەند هەڵەو نەزانیت !! ئەگەر ئازادی هەبێ هی هەموو کەسێکە خۆ تەنها موڵکی پێڕو تاقمێك نییە. ئینجا خوا درێژە بەباسی لاساری بێ باوەڕان دەداتودەفەرموێ:

(١٢٤) جا هەر کاتێ نیشانەیەك بێت بۆیان دەیان وت: ئێمە باوەڕ ناهێنین هەتا وەك ئەوەی کە دراوە بە پێغەمبەران نەدرێ بە ئێمەشو هەر کام لەوان دەیانەوێ پەیامێکیان پێ بدرێتوراستە خۆ پەیوەندیان بە خواوە هەبێت ئینجا خوا دەمکوتیان دەکاتودەفەرموێ: خوا زانایەو دەزانێ لە کوێ دا پەیامی خۆی دادەنێتو دەزانێ کە کێ شایستەیەو بە راستی هەڵی دەگرێت ، پەیامی خۆی بە هەموو کەس نادات بەم زوانە ئەوانەی کە لە دنیادا ستەموتاوان دەکەن دووچاری شەرمەندەیی وسەر شۆڕی دەبن لە لای خوا لە ڕۆژی دوایدا، هەروەها دوچاری سزایەکی دەردناك دەبن چونکە لە دنیادا فڕو فێڵیان دەکرد دژی پێغەمبەروخاوەن باوەڕان جا وا لەو ڕۆژەدا سەر شۆڕ دەبنوسزا دەدرێن وەك لە سورەتی (غافر\٦٠) دا دەفەرموێ: ﴿بەبێگومان ئەوانەی کە خۆیان بە گەورە دەگرن لە بەرامبەر بەندایەتی کردنی ئێمەوە بەم زوانە سەر شۆڕانە دەخرێنە ناو جەهەنەمەوە﴾

فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهۡدِيَهُۥ يَشۡرَحۡ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِۖ وَمَن يُرِدۡ
أَن يُضِلَّهُۥ يَجۡعَلۡ صَدۡرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجٗا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ
فِي ٱلسَّمَآءِۚ كَذَٰلِكَ يَجۡعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ
لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٢٥﴾ وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسۡتَقِيمٗاۗ قَدۡ فَصَّلۡنَا
ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٢٦﴾ ۞ لَهُمۡ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمۡۖ
وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٢٧﴾ وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا
يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ قَدِ ٱسۡتَكۡثَرۡتُم مِّنَ ٱلۡإِنسِۖ وَقَالَ أَوۡلِيَآؤُهُم
مِّنَ ٱلۡإِنسِ رَبَّنَا ٱسۡتَمۡتَعَ بَعۡضُنَا بِبَعۡضٖ وَبَلَغۡنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِيٓ
أَجَّلۡتَ لَنَاۚ قَالَ ٱلنَّارُ مَثۡوَىٰكُمۡ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۗ إِنَّ
رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ﴿١٢٨﴾ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا
بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿١٢٩﴾ يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ
رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ
يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ قَالُواْ شَهِدۡنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَاۖ وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا
وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ﴿١٣٠﴾ ذَٰلِكَ
أَن لَّمۡ يَكُن رَّبُّكَ مُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٖ وَأَهۡلُهَا غَٰفِلُونَ ﴿١٣١﴾

(١٢٥) ئەو کەسەی کە خوای گەورە ئیرادەی خێری پێ بکاتو هیدایەتی بدات دڵی فراوان دەکات بۆ وەرگرتنی ئیسلام ، چونکە خۆی ئەهلی خێرەو بە دوای خێردا دەگەڕێت خواش دڵی دەداتەوەو ئیشەکانی بۆ ئاسان دەکاتو بە چاکی یەکتاپەرستیو باوەڕی راستەقینەی بۆ جێگیر دەکات. پرسیار کرا لە پێغەمبەرﷺ کە کام باوەڕدار زیرەکترە؟ فەرموی: {أَكْثَرُهُمْ لِلْمَوْتِ ذِكْرًا وَأَحْسَنُهُمْ لِمَا بَعْدَهُ اسْتِعْدَادًا أُولَئِكَ الأَكْيَاسُ/ابن ماجه. حسنه الألباني/ ئەوەیان کە زۆر یادی مردن بکاتەوە ، وە ئەوەیان کە جوانتر خۆی ئامادە بکات بۆ پاش مەرگ ئائەوانەن زیرەکەکان}ئینجا خوای گەورە پاش باسی خەڵاتی نیەت باشان، باسی بەدبەختی نیەت خراپانمان بۆ دەکاتو دەفەرموێ: ئەوسا هەر کەسێك خوا ئیرادەی گومڕا بونی بکات واتە کابرا خۆی ببێتە هۆی ئەوەی کە گومڕا بێتو گوێ لە ئایین نەگرێتو لاساری بکات ئەو کاتە خوا دڵی زۆر تەنگ دەکات بە شێوەیەك کە هەمیشە لە گومان دا بیتو جێگای هیچ قسەیەکی چاکی تێدا نەبێتەوە، دەڵێن جارێکیان عومەر (رەزای خوای لێ بێت) پرسیاری کرد لە کابرایەکی دەشتەکی کە بە چی دەڵێن: (حرج)؟ وتی: بە درەختێك دەڵێن کە نە شوان دەتوانی لێی نزیك ببێتەوەو نە حەیوانی کێویش دەتوانێ بیخوات. ئینجا عومەر فەرموی : دڵی مونافق ئاوایە هیچ خەیرێکی پێ ناگات ئەو دڵ تەنگیە وەك چی وایە؟ دەفەرموێ: وەك ئەو کەسە وایە کە سەر دەکەوێ بۆ ئاسمان ، واتە: وەك کەسێك کە سەر کەوێت بۆ شوێنێکی بەرز چۆن دڵی تەنگ دەبێ‌وهەناسەی سوار دەبێ‌و بێجگە لە بیری هاتوچۆی هەناسە شتێکی تری بە خەیاڵدا نایەت هەر بەو شێوەیە ئەو کابرای سەر لێ شێواوەش بێجگە لە ژیان بیر لە شتێکی تر ناکاتەوە ئەمەش یەکێکە لە موعجیزەکانی قورئان کە لەو کاتەدا نەزانراوە کە سەرکەوتن بۆ ئاسمان پێویستی بە هەوا بردن هەیە ، چونکە لە سنوری زەوی سەرکەوتی هەوا نامێنێ‌و کابرا دەخنکێ ئەگەر هەوای پێ نەبێ زانیاری تازەیی لەم دوو سەدەی دواییدا بەم راستیەی زانیوە کە قورئان هەزاروچوارسەد ساڵ لەمەو پێش ئاماژەی بۆ کردووەلە وێنەی ئامۆژگاریش هیچی کەم نەبوەتەوە دەگونجێ (فِي) بە مانای (على) بێت واتە هەر چۆن سەرکەوتن بۆ سەر ئاسمان بەبێ هۆ لە توانای مرۆڤ دا نیە ، هەرئاوەها ئەو کەسانەیش کە گومڕا بونو دڵیان تەنگ کراوە ناتوانن باوەڕ بێنن مەگەر هۆی پەیدا بکەن کە پەشیمان بوونەوە لەتاوانو گەڕانەوەیە بۆلای ﷲ ئینجا دەفەرموێ: هەر ئاوەها خوای گەورە سزای خۆی دادەنێت لە سەر ئەو کەسانەی کە ئیمان ناهێنن. دووبارە دەردەکەوێت کە خوای گەورە ستەم لە کەس ناکات بەڵکو کابرا خۆی نایەوێت باوەڕ بێنێت بۆیە ئاوای بە سەر دێت. ئینجا دەفەرموێت :

(١٢٦) ئەی محمد ﷺ ئەمە رێگای خوای تۆیە ڕێکەو هیچ چەوتیەکی تێدا نیە بە حەقیقەت ئێمە نیشانەکانی خۆمانمان روون کردەوە بۆ ئەو گەلەی کە بیر بکەنەوەوپەند وەربگرن تا کەس بەهانەی نەبێت. جا ئەو کەسەی کە بەراستی ئەم رێبازە بگرێتولە پەندو ئامۆژگاریەکان سود وەربگرێتوبە دڵوبە گیان خۆی تەسلیمی ئەم رێبازە راستە بکات.

وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُواْۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا
يَعۡمَلُونَ ﴿١٣٢﴾ وَرَبُّكَ ٱلۡغَنِيُّ ذُو ٱلرَّحۡمَةِۚ إِن يَشَأۡ
يُذۡهِبۡكُمۡ وَيَسۡتَخۡلِفۡ مِنۢ بَعۡدِكُم مَّا يَشَآءُ كَمَآ
أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوۡمٍ ءَاخَرِينَ ﴿١٣٣﴾ إِنَّ مَا
تُوعَدُونَ لَأٓتٖۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ ﴿١٣٤﴾ قُلۡ يَٰقَوۡمِ
ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ إِنِّي عَامِلٞۖ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ
مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ
﴿١٣٥﴾ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلۡحَرۡثِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ
نَصِيبٗا فَقَالُواْ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعۡمِهِمۡ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَاۖ
فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمۡ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِۖ
وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمۡۗ
سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ ﴿١٣٦﴾ وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ
لِكَثِيرٖ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ قَتۡلَ أَوۡلَٰدِهِمۡ
شُرَكَآؤُهُمۡ لِيُرۡدُوهُمۡ وَلِيَلۡبِسُواْ عَلَيۡهِمۡ دِينَهُمۡۖ
وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُۖ فَذَرۡهُمۡ وَمَا يَفۡتَرُونَ ﴿١٣٧﴾

(١٢٧) بۆ ئەوان هەیە خانوی ئەمنو ئاسایش لەلای پەروەردگاری خۆیانو هەر ئەوە دۆستیانە بە هۆی ئەو کردارە چاکانەی کە ئەوان دەیکەن. ئەمانە چونکە لە دنیادا خویان لە سەر ئایین ئەزیەت دەدەنو خۆیان نارەحەت دەکەن خوای میهرەبان خانویەکیان پێ دەدات کە جێگای حەسانەوەو ئەمنوئاسایش بێت. بە راستی هەر ئەوەدەتوانێ ئەو پاداشتە گرنگە بە بەندەکانی بدات.

(١٢٨) ئەی محمدﷺ باس بکە ئەو رۆژەی کە ئێمە هەمویان کۆ دەکەینەوەو دەڵێین: ئەی کۆمەڵی جنۆکە ئێوە ژمارەی خۆتانتان زۆر کرد بە هۆی لادانی خەڵکێکی زۆرەوە لە رێگای راستو کردنتان بە بێ باوەڕو بە هاوەڵی خۆتان ، جا دۆستەکانیان لە مرۆڤ دەڵێن: ئەی خوای ئێمە هەندێکمان سودمان وەرگرت لە هەندێکمان. سودو لەزەتی مرۆڤ لە جنۆکە دەبێ چی بێ جنۆکە فرماندە بوەو مرۆڤیش فەرمانبەردارو شەیتان چی وتوە مرۆڤەکەش وای کردوە ئایا ئەمە لەزەت وەرگرتنە؟! دیارە ئەوان لە دنیادا ئەو بە گوێ کردنەی شەیتان بە لەزەت دەزانن و جنۆکەیش بە بۆنەی ئەوەوە کە مرۆڤ بە گوێی کردون خۆیان زۆر بە زل زانیوەو کەیفیان پێ کردوە لە دنیادا جا بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ دوای ئەوان کەوتوە زیاتر ئەوانیان گومڕاتر کردوە ، دەڵێن: ئێمە بوین بە گەورەی مرۆڤوجنۆکە ، ئینجا دەڵێن: ئەی خوایە گەیشتین بەو ماوەیەی کە بۆت دانا بوین واتە گەیشتین بە مردنو مردینو هاتینەوە لات بۆ حیساب. ئینجا خوای گەورەش دەفەرموێ: ئەو قسانەتان بێ سودەو ئاگر جێگەتانە بۆ هەمیشەو لە ناوی دا دەمێننەوە مەگەر کاتێك کە خوا ئارەزۆی لێ بێت. ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ: بێگومان پەروەردگارت ئەی محمد ﷺ دانایە لە ئیشەکانی داو زانایە بە هەموو ئیشەکانتان.

(١٢٩) ئەوسا هەر ئابەو شێوەیە هەندێك لە ستەمکاران زاڵ دەکەینو دەیکەین بە سەر پەرشتی هەندێکی تریان بە هۆی ئەو تاوانانەی کە کردویانەوله رۆژی دوایشدا هەر تاوانبارێك لە گەڵ تاوانبارێکی وەك خۆی دا لە یەك جێگادا سزا دەدرێن،واتە: ئەم ئایەتە دەگونجێ مەبەست دنیا بێت وەك لە پێشەوە مانامان کرد یان مەبەست قیامەت بێ وەك مانای دووهەم، جا ئەو کاتە فریشتەکان پێیان دەڵێن :

(١٣٠) ئەی کۆمەڵی جنۆکەو مرۆڤە ئایا نەهات بۆ لاتان پێغەمبەرانێك لە خۆتان کە دەیان خوێندەوە بۆ ئێوە نیشانەکانی ئێمەو دەیان ترساندن لە گەیشتن بە رۆژێکی ئاوەها کە بگرەوبەردەتان لە گەلدا دەکرێت؟ دەڵێن: ئێمە شایەتین لە سەر خۆمان کە پێغەمبەرمان بۆ هاتوەو لەم رۆژەی ترساندوین ، بەڵام ئەم شایەتیە هیچ سودێکیان پێ نادات چونکە ئەوان لە دنیادا بە گوێی پێغەمبەرانیان نەکردوەو ژیانی دنیا ئەوانی سەرگەرم کردوەو بیریان لە پاشەرۆژی خۆیان نەکردوەتەوە ، وە شایەتی دەدەن لە سەر نەفسی خۆیان کە بەبێشك ئەوان بێ باوەڕ بوون بەم رۆژەو بە رەوانە کراوانی خوا ، بۆیە ئەوان ئاگر جێگایانەو ستەمیان لێ نەکراوە وەك دەفەرموێ:

(١٣١) ئا ئاوا ئێمە نێرراوی خۆمان رەوانە کردوەو ئەوان باوەڕیان پێ نەهێناوە بۆیە لە ناومان بردوون ئەگینا پەروەردگارت هەرگیز بە بێ تاوان خەڵکی جێگایەك لە ناو

نابات کە ئەو خەڵکە ئاگایان لە هیچ نەبێتو بەرنامەو ئایینی خودا یان پێ نەگەیشتبێت هەرچەند خوا ئەناسیش بن واتە پاش ترساندنو ئاگاداری ئەگەر سەرپێچی کرا ، ئینجا خوا تۆڵەیان لێ وەردەگرێت.

(١٣٢) ئەوسا بۆ هەمو مرۆڤێك لە چاكوخراپ ، چاكەكاران لە ناو خۆیانداو خراپەكارانیش لە ناو خۆیاندا چەندین پلەی جیا جیایان هەیە هەر كەس بە گوێرەی ئەوەی كە كردویەتی پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: { هەیە لە ناو بەهەشتدا لە خوارەوە دەنوارێت بۆ پلەی سەروتر وەك چۆن مرۆڤەكان لە دنیادا لە سەر زەوییەوە دەنوارنە ئەستێرەكانی ئاسمان} ئەوەندە جیاوازی هەیە لە پلەكانی بەهەشتدا. ئینجا خوا دەفەرموێ: بە راستی پەروەردگارت بێ ئاگا نیە لەوەی كە ئەوان دەیكەن هەركەس بە گوێرەی كردەوەی خۆی سزا وەردەگرێت.

(١٣٣) خۆ پەروەردگارت دەوڵەمەندەو بێ نیازە لە بەندایەتی بەندەكانیو خاوەن رەحمەتە بۆ یان ئەگەر خوا ئارەزۆی لێ بێ ئێوە لادەباتو كەسانێكی تر كە ئارەزۆی لێ بێ دێنێتودای دەنێت لە جێگای ئێوەدا وەك چۆن ئێوەی دروست كردوە لە نەوەی گەلانی تری پێش خۆتان ، واتە: ئەم لابردنو هێنانە شتێكی زۆر زۆر ئاسانە لای خوا ئێوە خۆتان هەر بەم شێوەیە بەم رۆژە گەیشتون ئەگەر پێش تۆ هەروا بمایەوە تۆ نەدەهاتیە جێگای ئەوان ، جا چاك بزانن كە،

(١٣٤) بەدڵنیاییەوەئەوەی كە بەڵێنتان پێ دراوە لە بەهەشتو لە جهەنەم ، لە سزاو لە خۆشی، هەمووی دێتەدیو ئێوە ناتوانن رێگای هاتنی بگرن ، بەڵكو خوا خاوەنی هێزو توانایییە لە سەر لەناوبردنو زیندو كردنەوەتان پاش ئەوەی كەدەرزێنو دەبن بە خاك ، جا ئەوەتا دەبینی كە خوا بێ باكەو هەڕەشە دەكاتو دەفەرموێ:

(١٣٥) ئەی محمدﷺ بە گەلەكەت بڵێ: ئەی گەلی من هەرچی لە تواناتاندایە بیكەنوچۆنتان پێ خۆشە بۆ خۆتان وا بكەن منیش چۆنم پێ خۆشە وا دەكەم لە مەولا دەزانن

سەر ئەنجامی ئەو ماڵە بەرزو بەرێزە كە بەهەشتی هەتا هەتاییە بۆ كێیە؟ بێگومان بڕیار وایە كە هیچ كاتێك ستەمكاران سەركەوتو خۆشبەخت نەبن ، جا ئیتر چ دەكەنوچی بە باش دەزانن بۆ خۆتان بێ منەت بن چونكە جێگاتان ئاگری جەهەنەمە وەك لە سورەتی (المرسلات/٤٦) دا دەفەرموێ:﴿ بخۆنو رابوێرن كەمێك بە راستی ئێوە تاوانبارن﴾ ئینجا خوای دانا سیفەتێكی تری بت پەرستانمان بۆ باس دەكاتو دەفەرموێت :

(١٣٦) خۆ ئەو بت پەرستانە لەوەی كە زەوی سەوزی دەكرد ولە بەچكەی مەڕو بزنو وشتر ومانگا بەشێكیان دادەنا بۆ خواو دەیان وت: ئەمە بۆ خوایە وە ئەمەش بۆ بتەكانمانە ، جا ئەوەی كە بۆ بتەكانیان بو بە تەواوی بۆیان خەرج دەكردو نەیان دەهێشت هیچی كەم ببێتەوەوبەلای خوا دا بچێتو ئەوەش كە بۆ خوایان دانابوو هەرچی كەم بكردایەوەوبچوایە سەر بەشی بتەكان نەیان دەهێنایەوە !! بەراستی بڕیارێكی ناشیرینوپیس دەدەن. چونكە شینایيو مەڕو ماڵاتەكانیان موڵكی خوایە كە چی ئەوان لە دژایەتی خوادا بە كاری دەهێنن لەوەش خراپتر بەشەكەی خوا بە شێوەیەكی ناتەواوو كەمو كورِ جێ بە جێ دەكەن بەڵام بەشی بتەكان سەر بە زیادە وە بۆیان جێ بە جێ دەكەن لەگەل ئەوەشدا دەڵێن: خوا بێ نیازە بۆیە وا دەكەین بەڵام بتەكان موحتاجن؟

جا ئەمە كەی ژیریە كە تۆ واز لە خوایەكی خاوەن دەسەڵات وداناو زاناو بێ نیاز بێنیو پەیرەوی شتێ بكەیت كە موحتاج بێ؟ من لێرەدا مانایەكی تری لێ وەردەگرم هەرچەند ئەوەی پێشوم بەلاوە جوانەو رای زۆربەی تەفسیر نویسانە. بت پەرستان لەوەی كە زەوی سەوزی دەكردولە بەچكەی ئەو چوار حەیوانە بەشێكیان دادەنا بۆ خواو بەشێكی تریان دادەنا بۆ بتەكان خوایش دەفەرموێ: ئەوەی كە دای دەنێن بۆ بتەكان ئەوە شتێكی نادروستە لای خواو وەری ناگرێت ، وە ئەو بەشەش كە دای دەنێن بۆ خوا ، چونكە هاوبەشی بۆ دادەنێن ئەویش ناگات بە خوا چونكە خوا وەری ناگرێت وەك لە حەدیسی صحیح دا هاتوە كە دەفەرموێ: { قَالَ اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ مَنْ عَمِلَ عَمَلًا أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ /

وَقَالُواْ هَٰذِهِۦٓ أَنۡعَٰمٞ وَحَرۡثٌ حِجۡرٞ لَّا يَطۡعَمُهَآ إِلَّا مَن
نَّشَآءُ بِزَعۡمِهِمۡ وَأَنۡعَٰمٌ حُرِّمَتۡ ظُهُورُهَا وَأَنۡعَٰمٞ لَّا يَذۡكُرُونَ
ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا ٱفۡتِرَآءً عَلَيۡهِۚ سَيَجۡزِيهِم بِمَا كَانُواْ
يَفۡتَرُونَ ﴿١٣٨﴾ وَقَالُواْ مَا فِي بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ
خَالِصَةٞ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِنَاۖ وَإِن يَكُن
مَّيۡتَةٗ فَهُمۡ فِيهِ شُرَكَآءُۚ سَيَجۡزِيهِمۡ وَصۡفَهُمۡۚ إِنَّهُۥ
حَكِيمٌ عَلِيمٞ ﴿١٣٩﴾ قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوۡلَٰدَهُمۡ
سَفَهَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفۡتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِۚ
قَدۡ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهۡتَدِينَ ﴿١٤٠﴾ ۞ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ
أَنشَأَ جَنَّٰتٖ مَّعۡرُوشَٰتٖ وَغَيۡرَ مَعۡرُوشَٰتٖ وَٱلنَّخۡلَ وَٱلزَّرۡعَ
مُخۡتَلِفًا أُكُلُهُۥ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهٗا وَغَيۡرَ
مُتَشَٰبِهٖۚ كُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ
حَصَادِهِۦۖ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴿١٤١﴾
وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ حَمُولَةٗ وَفَرۡشٗاۚ كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ
ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿١٤٢﴾

مسلم/ خوای خاوەن خێرو بەشكۆ فەرمویەتی: من بێ نیازترینی هاوبەشەكانم لەهاوبەشی دا، هەر كەسێك ئیشێك بكاتو بێجگە لە خۆم كەسێكی تر لە گەڵدا بكات بە هاوبەش ئەوە وازی لێ دەهێنم لە خۆیولە هاوبەشەكەشیو لێی وەرناگرم} والله اعلم. دیسان خوای دانا خراپیو ناشیرینی سیفەتێكی تری بت پەرستانمان بۆ باس دەكاتو دەفەرموێ:

(١٣٧) جا هەر ئاوەها هاوبەشەكانیان كە شەیتانە جوانی كرد بۆ زۆربەی بت پەرستان كوشتنی منداڵەكانیان پێیان دەوتن: منداڵەكانتان بكوژن چونكە توشی كەم دەستی دەبنو كچەكانتان بكوژن ، چونكە دوچاری عەیبوعار دەبن ، بۆیە ئاوایان لێدەكردن بۆ ئەوەی لە ناویان ببەن ، وەبۆ ئەوەی كەئایینەكەیان لێ بگۆڕن ، وە ئەگەر خوا ئارەزۆی لێ بوایە ئەوان ئەوەیان نەدەكرد كەوابوو ئەی محمدﷺ تۆ خەفەت مەخۆ بۆ ئەمانە كە ئاوا رەفتار گەلێك دەكەن ، چونكە ئێمە ئەم ژیانەمان بۆ تاقی كردنەوە دروست كردوە كەوا بوو وازیان لێ بهێنە بە خۆیانوبە درۆكانیانەوە. ئینجا خوای گەورە سیفەتێكی خراپی تری بت پەرستانمان بۆ باس دەكاتو دەفەرموێ:

(١٣٨) خۆ بت پەرستان بە گومانی خۆیان دەیان وت: ئەم مەڕو ماڵاتەو ئەم كێڵگەیە قەدەغەییەو نابێ لێیان بخوات مەگەر ئەو كەسەی كە خۆمان ئارەزۆمان لێ بێ، بەڵێ ئەم بت پەرستانە هەر وا لە خۆیانەوە ئەم سێ بڕیارەیان دەدا: یەكەم: وەك وترا هەندێ لە حەیواناتودانەوێڵەیان لە خەڵك قەدەغە دەكرد بە كەیفی خۆیان بوو ، كە بۆ كێ حەڵاڵی بكەن و لە كێی قەدەغە بكەن.

دووەم : سواری هەندێك لە حەیوانەكانیان قەدەغە دەكرد، نەدەبو كەس سواریان ببێو باریان لێ باربكات ، دیسان ئەمەش هەر بە مەیلی خۆیانو هیچ بەڵگەیەكیان بە دەستەوە نەبوو.

سێهەم : لە كاتی سەربڕینی هەندێ لە حەیوانات دا ناوی خوایان نەدەهێنا ئەمەش هەر بڕیارو ئارەزۆی خۆیان بوو كەچی دەیان وت: خوا وای بڕیار داوەودرۆیان بە دەم خواوە دەكرد لە مەو دوا خوای گەورە تۆڵەیان لێ دەستێنێت بە هۆی ئەو ئیفتیراو درۆیانەی كە بە دەم خواوە دەیان كرد.

(١٣٩) جا دەیان وت: ئەمەی كە لە سكی ئەم مەڕو ماڵاتانەدایە تایبەتە بۆ نێرینەكانو قەدەغەیە لە ئافرەتەكان ، واتە: ئەگەر نێرینەی ببوایە پیاوەكان سەریان ئەبڕیو ئەیان خواردو ئەگەر مێینە بوایە وازیان لێ دەهێنا ، وە ئەگەر مردوی ببوایە ئەوا هەردووك تێیدا شەریك دەبون واتە نێرو مێ دەیان خواردو دەیان وت: خوا ئەم بڕیارەی داوە. خوای گەورەش دەفەرموێ: بەم زوانە خوا تۆڵەیان لێ دەسێنێ بە هۆی ئەو بڕیارە ناشیرینەوە كە بۆ خوای دادەنێن، بێگومان ئەوزاتە دانایە لە ئیشەكانی داو زانایە بەو رەفتارو بڕیارە ناپەسندەی كە دەیدەن.

(١٤٠) بە حەقیقەت زیانیان كردو تیا چون ئەو كەسانەی كە منداڵەكانی خۆیان كوشتن بە گێلیو بە نە زانیو ئەوەی كە خوا پێی دەدان لە بژێوی هەر لە خۆیانەوەو درۆیان بە دەمی خواوە دەكردو قەدەغەیان كردو دەیان وت: خوا ئاوەها بڕیاری داوە بە راستی ئەوان گومڕا بوونو لە ریزی

رێنمایی کراواندا نەبون ئەمانە لە هەردوو دنیادا زیانیان کرد ماڵو منداڵیان لە دەست داو دوا ڕۆژیش سزای سەختیان بۆ ئامادە کراوە . ﴿خسر الدنيا والاخرة﴾ بۆ ئاوەها کەسانێکە ئینجا خوای داناو میهرەبان باسی هەندێ لە نیعمەتەکانی خۆی دەکاتو دەفەرموێ:

(١٤١) جا خوا ئەو زاتەیە کە چەندین باخچەی کەپر بۆ کراوو کەپر بۆ نەکراوی دروست کردوە هەندێکیش دەڵێن ﴿مَّعْرُوشَٰتٍ﴾ ئەو درەختانەیە کە خەڵك بۆ خۆی دەیاننێژێو﴿وَغَيْرَ مَعْرُوشَٰتٍ﴾ ئەوانەی کە خۆیان دەڕوێن لە چیاو چۆڵ بە هەر حاڵ ئەم هەموو دارو درەختو شینایيە هەموويان بەشێکن لە نیعمەتە فرەوانو بەر بلاوەکەی ﷲ ، جا پاش ئەوەی کە بە شێوەی گشتی باسی دارو درەختەکانو میوەکانی کرد وا ئێستا بە تایبەتی ناوی ئەمانە دەباتو دەفەرموێ: خۆ خورماو دانەوێڵەی دروست کردوە کە خواردنی ئەمانە جیان لە یەكو هەر یەکێك لەمانە تامێك دەدات ، وە زەیتونو هەناریشی دروست کردوە هەیانە لە یەك دەچن لە شێوەیانو لە تام دا هەشیانە لە یەك ناچن نە لە شێوەو نە لە تامیان دا ، یان لە یەك ئەچن لە ڕەنگدا بەڵام لە یەك ناچن لە تام دا بخۆن لەو بەرو بومانە کاتێ کە بەرو بومیان گرتو حەقی خۆیشی لێ بدەن لە کاتێ کە دروێنە دەکرێتو بەرو بومەکەی هەڵدەگرن . ﴿حصاده﴾ کاتی دروێنە کردنە . جابیری کوری عەبدوڵادەڵێ: { أَنَّ النَّبِي ﷺ أَمَرَ مِنْ كُلِّ جَادِّ عَشْرَةِ أَوْسُقٍ مِنَ التَّمْرِ بِقِنْوٍ يُعَلَّقُ فِي الْمَسْجِدِ لِلْمَسَاكِينِ/ امام احمد. ئیبنو کەسیر دەڵێ: ئەم ریوایەتە (جید قوی/ چاكوبەهێزە) /واتە: پێغەمبەرﷺ بڕیاری دا بە سەر ئەو کەسەی کە دە وسق خورمادەبڕێ هێشویەك بێنی بۆ مزگەوتو هەڵواسرێت بۆ بێ نەوایان} هەندێك دەڵێن: ئەمە زەکاتەوهەندێکی تر دەڵێن: ئەمە شتێکی زیاتر لە زەکاتە. ئینجا خوا دەفەرموێ: زیادە ڕەویی نەکەن بە ڕاستی خوا زیادە ڕەوانی خۆش ناوێت کەوابوو لە بەندایەتیشدا زیادە ڕەوی جوان نیە چونکە کابرا ماڵی خۆی بە زیادەڕەوی خەرج بکاتو فەقیر بکەوێ دەبێ بە بار بە سەر کۆمەڵەوەو ئایینی پاكو بێ گەردی ئیسلام بەو

ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ
قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ
أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ نَبِّـُٔونِى بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ (١٤٣)
وَمِنَ ٱلْإِبِلِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ ٱثْنَيْنِ قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ
حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ
أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَا فَمَنْ
أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيْرِ
عِلْمٍ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (١٤٤) قُل لَّآ أَجِدُ
فِى مَآ أُوحِىَ إِلَىَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ
مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ أَوْ
فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ
رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (١٤٥) وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ حَرَّمْنَا
كُلَّ ذِى ظُفُرٍ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ وَٱلْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ
شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلْحَوَايَآ أَوْ مَا
ٱخْتَلَطَ بِعَظْمٍ ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِبَغْيِهِمْ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ (١٤٦)

ئیشە ڕازی نیە. هەندێکی تر دەڵێن: زیادەڕەویی بریتیە لەو حەقانەی کە ﷲ دایناوە مادام بە گوێرەی پێویست حەقەکەی لێ نەدات زیادەڕەویەو خوا خۆشی ناوێت ، جا ئەگەر کابرا باغێکی هەبوو حەق نیە لە خەڵکی ڕاگوزەر بەرگری بکات وە ئەو کەسەش کە بە ناوی دا بڕوات حەق نیە هیچ لە گەڵ خۆیدا ببات بە بێ ئیجازەی خاوەنەکەی.

(١٤٢) هەروەك چۆن درەختانی دروست کردوە کە سێبەرمان بۆ دروست دەکەنو هەندێکیان دەخشێن بە سەر زەوی داو بەروبوممان پێ دەدەن ، هەروەها لە ناو حەیواناتەکانیشدا هەندێکیان بار هەڵگرەو بارمان بۆ هەڵدەگرێت وەك حوشترو ئەسپو هێسرو کەر ، وە هەندێکیشیان بچوکن لەخوریو لە موەکانیان فەرش دروست دەکرێتو وەك ڕاخەر ڕادەخرێنو سەر دەبڕینوسود لە گۆشتەکانیان وەردەگیرێو ئەمە دوو شتی دژی یەك نیەوەدەگونجێن هەر بۆ یەکێکیان بشێ وەك کەر و بزنومەڕ یان بۆ هەردووکیان وەك حوشترو ئەسپ ، ئینجا دەفەرموێ: بخۆن لەوەی کە خوا کردویەتی بە ڕۆزیتانو دوای هەنگاوەکانی شەیتان نەکەونوبەو جۆرەی کە شەیتان پێتان دەڵێ ئاوەها

رەفتار نەكەن چونكە بەراستی شەیتان بۆ ئێوە دوژمنێكی ئاشكرایە. جا ئەگەر مرۆڤ عاقڵ بێت دوای دوژمنی خۆی ناكەوێتو بە گوێی ناكات بەڵكو ئەگەر ئامۆژگاری باشیشی بكات هەر لێی بە گومانە. ئینجا خوای گەورە دەفەرموێت :

(١٤٣) حەیوانەكان هەشت جۆرن بزنو مەڕو حوشترو مانگا كە چوارن هەر یەكەیان دوو جۆرە نێرومێ كەواتە هەشت جۆرن، جا باسیان دەكاتودەفەرموێ: لە مەڕدا دوان یەكێكیان نێرو یەكێكیان مێ وە لە بزنیشدا دوان پێیان بڵێ: ئایا خوا نێرەكانیانی حەرام كردوە یان مێیەكانیان؟ یان ئەوەی كە لە ناو سكی ئەو دوو مێیانە دایە حەرامی كردوە؟ دەی ئەگەر راست دەكەن لە مبارەوە زانیارییەكەم بۆبێنن كە تێیدا نوسرا بێت كە خوا یەكێك لەمانەی حەرام كرد بێت ، ئەی چۆن لە خۆتانەوە ئەو شتانە حەرام دەكەن؟ واتە: حەرامو حەڵاڵ كردن تەنها بە دەست خوایەو كەس مافی حەرامو حەڵاڵ كردنی نیەو هەر كەسێك ئەو مافە بۆ خۆی دابنێ لە ناو چوو فەوتاوە ، چونكە یان ئیدعای خوایەتی دەكات یان درۆ بە دەمی خواوە دەكات ئەگەر بڵێ: خوا وای فەرموە یان خوا بە نەزان دەزانێ كە هەر سێ بۆ چونەكە كوفرەو كابرا لە ئایین دەردەچێت هەرچەند لافی بیروباوەڕو خواناسیش لێبدات ، ئینجا باسی چوار جۆرەكەی ترمان هەر بەو شێوازەی سەرەوە بۆ دەكاتو دەفەرموێ:

(١٤٤) لە حوشتران دووان نێر مێو لە رەشە ولاخیش دووان نێر ومێ گاو مانگا پێیان بڵێ: ئایا خوا نێرەكانیانی حەرام كردوە یان مێیەكانیان؟ یان ئەوانەی كە لە سكی ئەو دوو مێیانەدایە؟ ئا دەی چ بەڵگەیەكتان هەیە بیهێنن. یان ئایا ئێوە لەوێ ئامادە بوون كاتێ كە خوا ئەو وەسیەتەی كردوە؟ پرسیارێكی ئینكاریە،واتە: نەخێر لەوێش نەبوون. ئەی ئیتر بێجگە لە درۆ چ بەڵگەیەكتان هەیە؟ دەی كێ هەیە ستەمكارتر لەو كەسەی كە ئاوا درۆ بە دەمی خواوە بكات تا خەڵكی بە نەزانانە لابدات لە ڕێگەی خوا؟ بە راستی ئەمانە ستەمكارن بە بێشك كە خوایش ڕێنمایی گەلی ستەمكاران ناكاتو هەروا لەو بێ بەختیوسەر شۆڕیەدا دەمێننەوە،چونكە مرۆڤ بۆ زانینی حەرامو حەڵاڵ

بێجگە لە دوو ڕێگە ڕێگایەكی تری نیە یان بە هۆی پێغەمبەرانەوەیە یان راستەخۆ خوا پێی بفەرموێ یەكەمیانی بە ﴿ نَبِّئُونِي بِعِلْمٍ ... ﴾ الأنعام: ١٤٣/ دەی ئەگەر راست دەكەن لە مبارەوە زانیارییەكەم بۆبێنن كە تێیدا نوسرابێت كە خوا یەكێك لەمانەی حەرام كردبێت، ﴾ هەڵوەشاندنەوە دووهەمیانیشی بە ﴿ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ وَصَّاكُمُ اللَّهُ بِهَٰذَا .. ﴾ الأنعام: ١٤٤/ یان ئایا ئێوە لەوێ ئامادە بوون كاتێ كە خوا ئەو وەسیەتەی كردوە؟﴾ ئینجا خوای گەورە لە پاش ئەوەی كە بت پەرستانی بە درۆ خستنەوە لە بڕیاری حەرامو حەڵاڵ دا ئەوسا باسی ئەو شتانە دەكات كە حەرامەو دەفەرموێ:

(١٤٥) ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: من نابینم لەوەی كە وەحی كراوەتە لای من هیچ شتێك حەرام بووبێت لە سەر بخۆرێك كە خواردنێك بخوات مەگەر یەكێك لەم چوار شتانەبێ یەكەم : حەیوانێك مردار بو بێت . دوهەم : خوێنی ڕەوان نەك خوێنێ كە بە گۆشتەوە بێت چونكە وشەی (مسفوح) ئەوە دەگەیەنێ. سێهەم: حەرامە گۆشتی بەراز كە بەبێشك ئەوە شتێكی پیسە. دەگونجێت ئەمە دوپات كردنەوە بێت بۆ گۆشتی بەراز یان بۆ هەرسێكیان. چوارەم: سەربڕینی حەیوان بۆ غەیری خوا ، یان ئەو حەیوانە سەر ببڕن و ناوی بێجگە لە خوا ی لەسەر ببرێت ، جا چ ناوی خوا هەر نەبەن لە گەل ناوێكی تر یان ناوی خواوكەسێكی تری لە سەر ببەن، هەردووكیان هەر تاوانەو گۆشتی ئەو حەیوانە حەرامەو نابێ بخورێت ئەمانە چوار شت بوون كە قەدەغە كراونوحەرامە خواردنیان لە كاتی ئاسایدا بەڵام ئەگەر مرۆڤ ناچار بوو بۆ خواردنیان ئەوە چاوپۆشی لێ كراوە . وەك خوا دەفەرموێ: جا كەسێك كەمەبەستی حەرام خواردنی نەبێو ناچار بێت بە مەرجێك دەست درێژی كار نەبێتو لە سنوری پێویستی تێپەڕ نەكات ئەوە لەو گۆشتە قەدەغە كراوانە بخوات قەیناكە، بەم شێوەیە داناییومیهرەبانی خوا سەبارەت بە بەندەكانی لەمانگی چواردە ئاشكراتر دەبێت هەر وەك دەفەرموێ: بێگومان پەروەردگارت لێ بوردەیە لەو كەسانەی كە لەو بارەوە تاوانێكیان كردبێتو خاوەن سۆزەو ناهێڵێت لەبرساو لە

تەنگانەدا بمرن‌و مەیدانیان بۆ فرەوان دەکات ، جا پێویستەلە سەر موسڵمانان کەلەکاتی ئاسایدا ئەو گۆشتە نەخۆن وە ناوی بێجگە لە خوا لە کاتی سەر برینی حەیوانات‌و شتی تردا نەبەن‌و خۆیان دوچاری شیرك نەکەن‌و گۆشتی حەرام دەر خواردی ماڵ‌و منداڵی خۆیان‌و خەڵکیش نەدەن ، یەکێك لەو شتە خراپانە سەربڕینی حەیواناتە لە بەر پێی گەورە یان پیاو چاکدا ئەمە رەوشتێکی ئیسلامی نیەو پێویستە موسڵمانان خۆیانی لێ دور بگرن ، وە ئەگەر لەکاتی سەربڕینیدا سەر بڕ ناوی کابرا ببات گۆشتی ئەو حەیوانە حەرامەو ناخورێت‌وسەربڕ تاوانبارە . ئینجا خوای داناو ئاگا باسی هەندێ شتی حەرامی گەلانی پێشومان بۆ دەکات‌ودەفەرموێ :

(١٤٦) ئێمە حەراممان کرد لە سەر ئەوکەسانەی کە جولەکە بون ئەوەی کە خاوەنی نینوك بێت هەروەها لە مانگاو لەمەڕ قەدەغەمان کرد لێیان بەزەکانیان (چەوری) کە شتێکی ناسراوەو دەیکەن بە رۆن مەگەر ئەوەی کە بە گۆشتی پشتیانەوە بێت یان بە گۆشتی ریخۆڵەیانەوە بێت یان ئەوەی کەتێکەڵاو بە ئێسقانەکانیان بوبێت کە ئەوانەمان چاو پۆشی لێ کردوە بۆیان . جا ئەوە نەبێ کە ئێمە ئەمانە بە شتێکی خراپ بزانین بۆیە قەدەغەمان کردوە نەخێر بەڵکو ئەوە تۆڵە سەندنەوەیەکی ئێمە بوو لێیان بە هۆی لاساری‌و ستەمکاریانەوە ، بێگومان ئێمە لە راستگۆیانین‌وراست دەڵێین‌و حوکمەکانمان راستن وە هەر ئەمانەمان قەدەغە کردوە لە جوەکان‌و بڕیاری ئێمە دادگەرانەیە.

(١٤٧) جا ئەگەر پاش ئەمە ئەوان هەر باوەڕت پێ ناکەن دەی تۆ بڵێ: پەروەردگارتان خاوەنی رەحمەتێکی فراوانەو بەرەو سۆزو میهرەبانی خوا بانگیان بکە ، واتە: ئەگەر ئەوان هەر باوەڕت پێناکەن تۆ نەچی جنێویان پێ بدەی‌و لەعنەتیان لێ بکەی تۆ دەبێ زۆر بە نەرمی‌و میهرەبانیەوە بەرەو ئایینی خوا بانگیان بکەی. ئا ئەمەیە رەوشتی قورئان‌و ئەخلاقی پێغەمبەرمانﷺ جا ئەگەر کابرای موسڵمان راست دەکات‌و تابعی قورئان‌و پێغەمبەرەﷺو

فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَٰسِعَةٍ وَلَا يُرَدُّ
بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٤٧﴾ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟
لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ
كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا۟ بَأْسَنَا
قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا
ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴿١٤٨﴾ قُلْ فَلِلَّهِ ٱلْحُجَّةُ ٱلْبَٰلِغَةُ
فَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٤٩﴾ قُلْ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ
يَشْهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَا فَإِن شَهِدُوا۟ فَلَا تَشْهَدْ
مَعَهُمْ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱلَّذِينَ
لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ وَهُم بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴿١٥٠﴾ ۞ قُلْ
تَعَالَوْا۟ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ
شَيْـًٔا وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَٰدَكُم مِّنْ
إِمْلَٰقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلْفَوَٰحِشَ
مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى
حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٥١﴾

بانگ کەرە بۆ رێبازی خوای داناو ئاگاو میهرەبان دەبێ بەو شێوەیە لە ناو خەڵکدا رەفتار بکات، جا با ستەمکارانیش بزانن کە تۆڵەو رقی خوا زۆر سەختەو کاتێ ویستی تۆڵە بکاتەوە کەس ناتوانێ رێگای بگرێت وەك دەفەرموێ: وە هەرگیز سزای خوا بەرگری ناکرێت لە گەلی ستەمکار ، واتە: دڵنیا بن کە گەلی ستەمکار دوچاری سزای خوا ئەبن‌و هەرگیز دەرباز نابن‌و پەنا نادرێن مەگەر پەشیمان ببنەوە پێش هاتنی سزاکەیان ، وە با هاوەڵ دانەران چاکیش بزانن کە ئەم گومان دروستکردنانە هیچ سودێکیان پێ نادات.

(١٤٨) بەم زوانە ئەمانەی کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە دەڵێن: ئەگەر خوا مەیلی لێبوایە نە ئێمەو نە باو باپیرانمان هاوبەشمان بۆ خوا دانەدەنا ، چونکە خوا خاوەن دەسەڵاتەو دەیتوانی بەرگریمان بکات جا مادام بەرگری نەکردوین ، دیارە خوا خۆی بەم ئیشەمان رازیە ، هەروەها دەڵێن: وە هیچ شتێکمان حەرام نەدەکرد ، واتە: ئەمە ئیرادەی خوای لە سەرە وەك ئێستا هەندێك لە نەفامەکان کاتێ کەتاوانێ دەکەن‌و پێیان بوترێت: بۆ ئەو تاوانە دەکەن هەمان قسەی کۆن دووبارە دەکەنەوە،واتە: خۆیان

دەبەستن بە قەدەرەوە دەڵێن: خوا خۆی پێی خۆشەو لەسەر ئێمەی نوسیوە ، بۆیە ئێمەش دەیکەین وەڵامی ئەم نەزانانە زللە یان شەقێکە ونابێ وەڵامت بدەنەوە چونکە بە قسەی خۆیان خوا پێی خۆشبوە لێی بدەیت وە لە سەری نوسیوی ئایا بەم وەڵامە لێت رازی دەبن؟ ئەگەر رازی نابن بۆ؟ بانێکەو دوو هەوا؟ ئینجا خوای گەورە دڵی پێغەمبەرمان دەداتەوەو دەفەرموێ: هەر ئاوەها بۆ ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون لە پێش ئەمانیشەوە ، واتە: ئەم قسەیە قسەیەکی کۆنەو بەرهەمێکی نەبوە بۆ پێشینەکانیان تا بۆ ئەمانیش بەرهەمو سودێکی ببێت بەڵێ پێشینەکانی ئەوان وایان وت: هەتا سزای ئێمە یان چەشت، جا ئەگەر ئەو بەڵگەیە شتێکی بە سود بوایە نەدەبوو پێشوەکانی ئێوە سزایان بدرایە پێیان بڵێ: ئایا هیچ زانینێکتان لایە لەم بارەیەوە ئەگەر لاتانەو راست دەکەن دەی بۆمان بهێنن، نەخێر هیچتان لا نیە بەڵکو ئێوە هەرپەیڕەوی لە گومان دەکەنو بێجگە لە گومان هیچتان لا نیە، وە ئێوە هەر درۆ هەڵدەبەستن .

(١٤٩) پێیان بڵێ: تەنها بۆ خوایە بەڵگەی بێ نیهایەتو راستودروست خوا دنیای بۆ تاقیکردنەوە دروست کردوەو ئیختیاری بە مرۆڤ داوە ئەگینا ئەگەر خوا ئارەزۆی بکردایە هەمویانی رێنمایی دەکردنوباوەڕتان دەهێنا ، بەڵام خوا ئەم ئارەزۆوە ناکات چونکە سودی هاتنی ئێمە بۆ دنیا نامێنێ.

(١٥٠) پێیان بڵێ: بانگیان بکەن ئەو شایەتانەتان کە شایەتی بدەنوبڵێن: بە راستی خوا ئەمەی حەرام کردوە ، واتە: هەر کێ شایەتیان بۆ ئەدات با بێت شایەتیان بۆ بدات ، ئەوسا ئەگەر هاتو شایەتیشیان دا تۆ هەرگیز شایەتیان لە گەڵدا مەدەو لە گەڵیاندا مەبە ، چونکە درۆ دەکەنو هەرگیز دوای ئارەزۆاتی ئەو کەسانە نەکەوی کە بێباوەڕن بە نیشانەکانی ئێمەو ئەوانەی کە باوەڕیان بە رۆژی دوای نیە. لەحاڵێکدا کەهەر ئەوانن هاوتا دادەنێن بۆ پەروەردگاری خۆیان. ئا بەم شێوەیە خوای دانا دەم کوتی بێ باوەڕانو هاوەڵ دانەرانی کردو هەموو بەهانەیەکی بڕینوبە درۆی خستنەوە ئینجا خوای گەورە لەم چەند ئایەتەی دوایی دا نۆ شتی خراپ باس دەکات تا خاوەن باوەڕان لێی دور کەونەوەودەفەرموێ:

(١٥١) پێیان بڵێ وەرن تا بخوێنمەوە بۆتان ئەوەی کە پەروەردگارتان حەرامی کردوە لێتان ، ئیتر لە خۆتانەوە قسەی درۆو ناڕەوا نەکەن ئەگەر خواتان خۆش دەوێو پەیڕەوی راستەقینەی ئەون وەرن ئەمە ئەو شتە قەدەغانەن. یەکەم: دەبێ هیچ هاوەڵێك بۆ خوا دانەنێن. دوهەم: لە گەڵ دایكوباوکتاندا چاکە بکەن. سێهەم: منداڵەکانتان نەکوژن لە بەر کەم دەستیونەداری خۆ هەرئێمەین کەرۆزی ئێوەو ئەوانیش دەدەین. چوارەم: نزیکی داوێن پیسی نەبنەوەو زینا نەکەن، بەڵام دەفەرموێ: نزیکی مەکەونەوە واتە رێگاکانی پێش زینا نەگریت وەك تەماشا کردنوقسە کردن. پێنجەم: کەس نەکوژن بەناڕەوا. ئا ئەمەی کە وترا ئامۆژگاری خوایە بۆ ئێوە بەڵکو ئێوەش بفامنو بزانن چی دەکەنوبیر بکەنەوە لە ماڵی ئایندەی خۆتانو بەتاوانکردن ئەو ماڵە لەخۆتان خراپ نەکەن. کوشتنی بە رەوا لەوانە، زیناکارێك کە سوودی لەهاوسەری حەڵاڵ وەرگرتبێ. وەلەوانە ، کەسێ کە کەسێك بە دەستی ئەنقەست بکوژێت. وەلەوانە ، پاشگەز بونەوە لە ئاینو هێرشکەرێك بۆسەر بێ تاوانێكو باغی یان باغیانێ کە ئامادەی ئاشتی نەبێت ، جنێودەرێك بەخواو بەئاینو بەپێغەمبەرێك لەپێغەمبەرانو چەند کەسانێکی تر کە لەپەڕاوە فقهیەکاندا بەدرێژی باسکراوە .

جا یەکەم حەرامێ کە خوا لێرەدا باسیکرد هاوەڵ دانانە ، چونکە ئەو لە هەموو گوناهێك گەورەترە چونکە دەگونجێت خوای گەورە لە هەموو گوناهێك بە بێ تەوبە خۆش ببێت بەڵام لە هاوەڵ دانان بە بێ تۆبە قەت خۆش نابیت ، جا پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: { مَنْ مَاتَ لَا يُشْرِكُ بِاللهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ /مسلم/هەر کەسێ بمرێو هاوبەشی بۆخوا دانەنابێ بێگومان دەچێتە بەهەشتەوە} وە هەروەها پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: { مَنْ مَاتَ يُشْرِكُ بِاللهِ شَيْئًا دَخَلَ النَّارَ /مسلم/هەر کەسێ بمرێو هاوبەشی بۆ خوا دانا بێ بە بێگومان دەچێتە ناو ئاگرەوە}وە لە بارەی دایكو باوکەوە دەیان ئایەتی ترو سەدان فەرمودەی پێغەمبەرمانﷺ

هەیەو لە بارەی منداڵ کوشتنەوە ئەم فەرمودەی پێغەمبەرمانە کە لە وەڵامی عەبدوڵا ی کوڕی مەسعود دا هاتوە کە دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کام تاوان لە هەموان گەورەترە؟ فەرموی: { أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ قُلْتُ إِنَّ ذَلِكَ لَعَظِيمٌ قُلْتُ ثُمَّ أَيُّ قَالَ وَأَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ تَخَافُ أَنْ يَطْعَمَ مَعَكَ قُلْتُ ثُمَّ أَيُّ قَالَ أَنْ تُزَانِيَ حَلِيلَةَ جَارِكَ/البخاری/ ئەوەیە کە تۆ هاوبەش دابنێی بۆ خوا لەحاڵێکدا کە هەر ئەو زاتەیە تۆی دروست کردوە. لە پاشا وتی:پاش ئەو؟ فەرموێ: ئەوەیە کە تۆ منداڵی خۆت بکوژی لە ترسی ئەوەی کەخواردنت لە گەڵدا بخوات. لە پاشا وتم چ تاوانێکی تر لە پاش ئەوانە گەورەترە؟ فەرموی: ئەوەیە کە زینا بکەیت لە گەڵ ژنی دراوسێتدا} پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {لَا تَزَالُ أُمَّتِي بِخَيْرٍ مَا لَمْ يَفْشُ فِيهِمْ وَلَدُ الزِّنَا فَإِذَا فَشَا فِيهِمْ وَلَدُ الزِّنَا فَيُوشِكُ أَنْ يَعُمَّهُمْ الله عَزَّ وَجَلَّ بِعِقَابٍ/رواه احمدوحسنه الألباني/ هەمیشە ئەم گەلە لەخۆشیدایە هەتامنداڵی زۆڵی تێدا زۆر نەبێت جا هەر کاتێ منداڵی زۆڵی تێدا زۆر بوو ، ئیتر نزیکە کە خوای دەسەڵاتداری بەشکۆ هەمویان سزابدات}ئەمە پاڵپشتێکە بۆئەو ریوایەتەی کە هاتوەودەفەرموێ: { لە هەر وڵاتێکدا زینا ئاشکرا بوو کوشتار زۆر دەبێتو دوچاری نەخۆشیەك دەبن کە باب‌و باپیرانتان ئەو نەخۆشینەیان هەرگیز نەبینیوەو نەبیستووە}

کە ئەمڕۆ دەبینین کە هەمان نەخۆشی نەبینراو ونەناسراو بە ناو نیشانی (أیدز) بڵاو بوەتەوەو وڵاتی کوفر بە دەستیەوە دەناڵێنێ‌و بە سایەی ئەوەی کە هێشتا کەمێك لە خوورەوشتی ئیسلامی لە وڵاتانی ئیسلامیدا ماوەتەوە لەم وڵاتانەدا بەو شێوەیە پەیدا نەبوە بەڵام پەروەردە کراوەکانی غەرب‌و شەرق بە ناوی ئازادییەوە دەیانەوێ هەمان بێ رەوشتی لەم وڵاتانەشدا رەواج پێ بدەن‌و بڵاوی بکەنەوە تا ئەمانیش دوچاری هەمان چارەنوس ببنەوە کە خۆیان بەدەستیەوە دەناڵێنن؟! لە بەر ئەوە داوا لەبراو خوشکانی وڵاتی ئیسلامیم دەکەم کە فریا کەون‌و پێشگیری لەو بێ رەوشتی‌و بێ بەندو باریە بکەن بە گەڕانەوە بۆ لای ئایینی ئیسلام‌و فریو نەخواردن بەقسەی زل‌و بریقەداری دوژمنانی ئیسلام ئەگینا لە

وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ حَتَّىٰ يَبۡلُغَ أَشُدَّهُۥۚ
وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِۖ لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا
وُسۡعَهَاۖ وَإِذَا قُلۡتُمۡ فَٱعۡدِلُواْ وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰۖ وَبِعَهۡدِ
ٱللَّهِ أَوۡفُواْۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾
وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ
فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ
تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ثُمَّ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِيٓ
أَحۡسَنَ وَتَفۡصِيلٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لَّعَلَّهُم بِلِقَآءِ
رَبِّهِمۡ يُؤۡمِنُونَ ﴿١٥٤﴾ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ فَٱتَّبِعُوهُ
وَٱتَّقُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴿١٥٥﴾ أَن تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلۡكِتَٰبُ
عَلَىٰ طَآئِفَتَيۡنِ مِن قَبۡلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمۡ لَغَٰفِلِينَ
﴿١٥٦﴾ أَوۡ تَقُولُواْ لَوۡ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهۡدَىٰ مِنۡهُمۡۚ
فَقَدۡ جَآءَكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞۚ فَمَنۡ
أَظۡلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَصَدَفَ عَنۡهَاۗ سَنَجۡزِي ٱلَّذِينَ
يَصۡدِفُونَ عَنۡ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصۡدِفُونَ ﴿١٥٧﴾

هەردوو ژیاندا دوچاری بەڵا دەبن. ئینجا تاوانی شەشەم ئەوەیە کە خوا دەفەرموێ :

(١٥٢) نزیکی ماڵی هەتیو نەکەونەوە مەگەر بە شێوەیەکی چاکترو بۆ پارێزگاری لە ماڵەکانیان بێ هەتا ئەو هەتیوە باڵغ دەبێت . ئینجا ماڵەکەی ئەدرێتەوەو هەرچی بکات لە دەعوەت‌و خێرو چاکە خواردنی دروستەو بە هەتیو دانانرێت هەتیو ئەو کەسەیە کە باوکی بمرێت‌و باڵغ نەبوو بێت. ئینجا دەفەرموێ: با پێوانەو کێشانەکانتان تەواو دادپەروەرانە بێت ، واتە: چۆنی بۆ خۆتانی دەکێشن ئاوەهاش بۆ خەڵکی بکێشن کە ئەمە حەوتەم تاوانە یان حەوتەم رێنمایی‌و رێ پیشاندانمانە. ئێمە داوا ناکەین لە هیچ مرۆڤێك مەگەر بە گوێرەی توانای خۆی کە هەر کەس بە گوێرەی توانای خۆی پێویستە هەوڵ بدات بۆ ئەنجام دانی ئیشی چاك‌و بەرگری کردن لە ئیشی خراپ. بۆهەشتەم رێنمایی دەفەرموێ: وە هەر کاتێك قسەیەکتان کردو بڕیارێکتاندا با دادپەروەربن ئەگەر چی خزمی نزیکتان بێ، واتە: قسەو بڕیارەکە دژی بێ یان بە قازانجی بێت نابێ خزمایەتی‌و دورو نزیکی کاری تێ بکات. نۆهەم

هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَوْ يَأْتِيَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِيَ
بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ ۗ يَوْمَ يَأْتِي بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا
لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَٰنِهَا خَيْرًا ۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓا۟
إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٥٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا لَّسْتَ
مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ ۚ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ
﴿١٥٩﴾ مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ
فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦٠﴾ قُلْ إِنَّنِى هَدَىٰنِى رَبِّىٓ
إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۚ وَمَا كَانَ مِنَ
ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٦١﴾ قُلْ إِنَّ صَلَاتِى وَنُسُكِى وَمَحْيَاىَ وَمَمَاتِى لِلَّهِ
رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ
﴿١٦٣﴾ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَىْءٍ ۚ وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ
نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا ۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿١٦٤﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ
خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ
فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌۢ ﴿١٦٥﴾

ئامۆژگاری دەفەرموێ: وە ئەو عەهدو پەیمانەی کە داوتانە بە خوا جێ بە جێی بکەن ، ئەویش بەوە دەبێت کە بە گوێی خوا بکەن لەو شتانەی کە داواتان لێ دەکات یان بەرگریتان لێ دەکاتو بە گوێرەی قورئان وفەرمودەکانی پێغەمبەرمانﷺ بجولێنەوە. ئا ئەوانەی کە باسکرا بۆتان خوا ئامۆژگاری تان دەکات بەڵکو ئێوەش بیر بکەنەوەورێگای راست بگرنو فرمانەکانی خواو پێغەمبەرەکەی ئەنجام بدەنوبگەن بە خۆشبەختی هەردوو ژیان لە پاشان خوا دەفەرموێ:

(١٥٣) بێگومان ئا ئەمە رێگا راستەکەی منە دەی دوای بکەونو بەو شێوەیەی بۆمان باس کردن ئیشی پێبکەنو دوای رێگاکانی تر نەکەون ، چونکە ئێوە پارچە پارچە دەکاتو دورتان دەخاتەوە لە رێگای خوا ئا ئەوەی کە پێتان وترا: ئامۆژگاری پەروەردگارتانە بۆ ئێوە بەڵکو ئێوەش بترسن لە خواو خۆتان بپارێزن لە تاوان. دەرکەوت کە ئیسلام تەنها یەك رێگایەو نابێت بە دووانو سیان بەڵام رێبازەکانی تر دەگونجێت هەزاران رێگا بێت، چونکە رێگای ئارەزۆکاریو نەفسەو هەر کەسێ ئارەزۆیەکی تایبەتی خۆی هەیەو بە جۆرێك بیر دەکاتەوە کە جیاوازە لەوانی تر. ئینجا خوای گەورە پاش باسی قورئان وەسفی تەوراتو پێغەمبەرەکەی دەکاتو دەفەرموێ:

(١٥٤) لە پاش ئەوەی کە باسمان کرد بۆت ، بزانە کە ئێمە کتێبێکی تەواو رێكوپێکمان دا بە موسا بۆ ئەو کەسەی کە چاکترین ئیشی دەکرد وەك پاداشێك ، وە لەو کتێبەدا ئەوەی پیویست بێ لە هەموو بارێکەوەو بۆ هەموو شت روون کراوەتەوەو رێنمایی کەرو مایەی خەیرو سۆز بوو ، بەڵکو ئەوانیش باوەڕ بە رۆژی دوایوگەیشتن بە پەروەردگاریان بهێنن. قەتادە دەڵێ : هەر کەسێ ئیشی چاکتر بکات لە دنیادا رۆژی دوای بۆی تەواو دەکرێت. ﴿الذی﴾ دەگونجێ بە مانای ﴿الذین﴾ بێت.ئینجا باسێکی تری قورئان دەکاتودەفەرموێ:

(١٥٥) خۆ ئەمە قورئانێکی پیرۆزەو ئێمە رەوانە مان کردوەو محمدﷺ لە خۆیەوە نەی وتوە ، دەی ئێوەش دوای بکەونو پەیڕەوی بکەنو لە خوا بترسن بەڵکو رەحمتان پێ بکرێت، چونکە هەرچی خەیرو چاکەیە لەپەیڕەوی ئەم قورئانەدایە.

(١٥٦) وا ئێمە ئەم قورئانەمان رەوانە کرد نەك بڵێن: کتێب هەر تەنها بۆ ئەو دوو تایفەی پێش ئێمە کە جولەکەو گاورە هاتوەو بەراستی ئێمە هیچ لەو کتێبانەی ئەوان نازانین.

(١٥٧) یا بڵێن: ئەگەر ئەو کتێبەش رەوانە بکرایە بۆ سەر ئێمە بێگومان ئێمە لەوان چاکتر رێگای راستمان دەگرتو باشتر پەیڕەویمان دەکرد ، دەی وا هاتە لاتان بەڵگەیەکی روون لە لایەنی خوای خۆتانەوەو رێنمایی کەرو مایەی بەرەکەت و سۆزە ، جا ئیتر کێ هەیە ستەمکارتر لەو کەسەی کە بێ باوەڕ بێت بە نیشانەکانی خواو پشتی تێ بکاتو گاڵتەی پێ بکات؟ با بزانن کە ئەمانە لە دەست تۆڵەی خوا دەرناچن وەك دەفەرموێ: بەم زوانە تۆڵە دەسێنین لەو کەسانەی کە پشت دەکەنە نیشانەکانی ئێمەو پێی پێدەکەننو گاڵتەی پێ دەکەن بە خراپترین سزا بە هۆی ئەو گاڵتەو پشت تێ کردنەی کە دەیانکرد.

(١٥٨) ئایا ئەوان چاوەڕێ دەکەن بێجگە لەو کاتەی کە فریشتەکان دێنە لایان یان پەروەردگاریان دێتە لایان لە ڕۆژی قیامەتدا یان هەندێ نیشانەکانی خوا بێت بەر لە هاتنی ڕۆژی قیامەت،جا ئەو ڕۆژەی کە هەندێك لە نیشانەکانی پەروەردگارت هات هیچ سودێك نادات بە هیچ نەفسێك بیروباوەڕەکەی مادام لە پێشدا باوەڕی نەهێنا بێ‌و کرداری چاکی لەو تەمەنەی باوەڕی دا ئەنجام نەدابێت ، پێیان بڵێ: ئێوە چاوەڕێ بکەن‌و ئێمەش چاوەڕێ دەکەین.

پێغەمبەرمانﷺ لە بارەی ئەو نیشانانەی پێش هاتنی قیامەتدا دەفەرموێ: { لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا فَإِذَا طَلَعَتْ وَرَآهَا النَّاسُ آمَنُوا أَجْمَعُونَ وَذَلِكَ حِينَ لَا يَنْفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا ثُمَّ قَرَأَ الْآيَةَ /البخاری/ قیامەت نایەت هەتا ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە هەڵ نەیەت ، جا هەر کاتێ ڕۆژ لەوێوە هەڵهات هەمو خەڵك باوەڕ دێنن ، جا ئەوە ئەو کاتەیە کە هیچ سودێ نادات بە هیچ کەسێك لەو کاتەدا باوەڕەکەی‌و ئینجا پێغەمبەرمانﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە}

هەروەها پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: { لَنْ تَقُومَ السَّاعَةُ حَتَّى يَكُونَ قَبْلَهَا عَشْرُ آيَاتٍ طُلُوعُ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا وَخُرُوجُ الدَّابَّةِ وَخُرُوجُ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ وَالدَّجَّالُ وَعِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ وَالدُّخَانُ وَثَلَاثَةُ خُسُوفٍ خَسْفٌ بِالْمَغْرِبِ وَخَسْفٌ بِالْمَشْرِقِ وَخَسْفٌ بِجَزِيرَةِ الْعَرَبِ وَآخِرُ ذَلِكَ تَخْرُجُ نَارٌ مِنْ الْيَمَنِ مِنْ قَعْرِ عَدَنٍ تَسُوقُ النَّاسَ إِلَى الْمَحْشَرِ / مسلم وابوداود واللفظ له/ واتە: قیامەت نایەت هەتا دە نیشانە نەیەت لەپێشیدا ، یەکەم: هەڵهاتنی ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە. دووەهەم: دەرچونی حەیوانێك کە قسە لە گەل خەڵکدا دەکات

سێهەم: هاتنی یاجوج‌وماجوج. چوارەم: هاتنی دەجال کە لافی خوایەتی لێ دەدات‌و چاوێکی کوێرە بە ڕواڵەت هەرچی دەیەوێ دەیکات‌وهەموو جێگایەکیش دەگەڕێ لەم خاکەی ئیسلامدا بێجگە لە مەکەو مەدینەوقودس درێژی ڕۆژی ئەوەڵی یەك ساڵە و ڕۆژی دووهەمی یەك مانگەو ڕۆژی سێهەمی هەفتەیەکەو باقی ڕۆژەکانی کە هەموی سی‌و حەوت ڕۆژە وەك ئەمرۆژەی خۆمانە نزیکەی ساڵێك‌وسێ مانگ دەکات.

پێنجەم: دابەزینی عیسای کوڕی مەریەم . شەشەم: دوکەڵێکی گەورە. حەوتەم‌وهەشتەم‌ونۆهەم: سێ ڕۆچۆنی زەوییە یەکێکیان لە ڕۆژئاواوە دەبێ‌و یەکێکیان لە ڕۆژهەلاتەوە دەبێ و ئەوی تریان لە نیو دورگەی عەرەبدا دەبێ. دەهەم: ئاگرێکە کە لە قولایی عەدەنەوە دێ‌وپاڵ بە خەڵکەوە دەنێ یان کۆی دەکاتەوەو شەو لە گەل خەڵکا دەوەستێت‌و پێش نیوەڕوانیش بۆ ئەوەی خەڵکی ئیسراحەت بکات‌و پشویەك بدات دەوەستێت ، جا قورئان دەفەرموێت کەسانێك کە باوەڕیان نەهێنا بێ تا ڕۆژ دەگەڕێتەوە ئیتر باوەڕ هێنانی سودی نابی کە ئاخری ئەو دەنیشانانەیە.

(١٥٩) بە ڕاستی ئەو کەسانەی کە ئایینەکەی خۆیان بەش بەش دەکەن وەك ئەمڕۆی ئێمە یان مرتد دەبنەوە لە دینەکەیان‌وگوێی پێ نادەن‌و دەبن بە حیزب حیزب‌ودەستە دەستە تۆ لەوان نیت‌و خەفەتیان لێ مەخۆ ولێیان گەڕێ بۆ ئێمەو حیسابی ئەوان تەنها لای ﷲ یە لە پاشان هەواڵیان پێ دەدات بەو کارە خراپانەی کەدەیکەن. موسڵمان وریابەو حیزبایەتی بەناو خەمخۆری بۆئایین لەرێبازی ﷲ لات نەدات.

(١٦٠) ئەو کەسەی کە چاکەیەك دەکات بۆ ئەو هەیە پاداشتی دە بەرامبەری ئیشە چاکەکەی‌و هەر کەسێکیش خراپەیەك بکات خوا تۆڵەی لێ ناسێنێت مەگەر بە وێنەی خراپەکەی‌وهیچی لێ زیاد ناکات ، ئەمەش گرنگترین بەڵگەیە لە سەر سۆزو میهرەبانی خوا بەرامبەر بە بەندەکانی ، چاکەیەك لای خوا یەك بە دەیە بەڵام خراپە هەر وەك خۆی دەبێ‌و هیچی لێ زیاد ناکرێت. وەك ئەفەرموێ: وە ئەوان ستەمیان لێ ناکرێت. بۆ زانین ئەو

کەسەی کەواز لە خراپە دەهێنێت بە سێ شێوەیە یەکەم: وازی لێ دەهێنێ لە بەر خاتری خوا ئەمە چاکەیەکی بۆ دەنوسرێت لە سەر نیەتەکەی. دووەم: وازی لێ دەهێنێ چونکە لە بیری چووە ئەمە نە چاکەو نەخراپەی بۆ نانوسرێت ، چونکە نیەتی چاکەی نەبووەو ئیشی خراپەیشی نەکردوە.

سێهەم: وازی لێ دەهێنێ چونکە ناتوانێ یان تەمەڵی دەکات دوای کۆششو نزیك بونەوە لێی ئەمە خراپەیەکی بۆ دەنوسرێت لە سەر نیەتە خراپەکەی. وەهەروەها پێغەمبەرمان دەفەرموێت: {إِنَّ صَاحِبَ الشِّمَالِ لَيَرْفَعَ الْقَلَمَ سِتَّ سَاعَاتٍ عَنِ الْعَبْدِ الْمُسْلِمِ الْمُخْطِئِ فَإِنْ نَدِمَ وَاسْتَغْفَرَ اللهَ مِنْهَا أَلْقَاهَا وَإِلَّا كُتِبَتْ وَاحِدَةً/الطبراني، حسنه الألباني/ فریشتەی لای چەپ بۆ ماوەی شەش ساعەت لەو عەبدە موسڵمانە کە گوناهی کردوە قەڵەمی نوسینی تاوانەکەی هەڵدەگرێت ، جا ئەگەر پەشیمان بویەوەو داوای لێخۆش بونی کرد لە الله ، جا ئەویش فڕەی دەداتو نایسنوسێت ئەگەری وای نەکرد تەنها یەك تاوانی لە سەر دەنوسرێت}

(١٦١) ئەی محمد ﷺ بڵێ: بێگومان پەروەردگارم ڕێنمای کردوم بۆ ڕێگای ڕاست کەئاینە ڕاستو بە نرخەکەیەتی ئەویش ئایینی ئیبراهیمە کە لایداوە لە هەموو شتێکی هەڵەو ناڕەواو ڕێرك‌وپێك وەستاوە لە سەر یەکتا پەرستیو ئەو لە هاوەڵ دانەران نەبووەومنیش هەر لە سەر ئەو ڕێبازەم.

(١٦٢) بڵێ: بێگومان بەراستی نوێژمو حەیوان سەربڕینمو ژیانمو مردنم بۆ الله یە کە پەروەردگاری هەموو عالەمە.

(١٦٣) کە هیچ هاوبەشێکی نیەو تەنیایەو نیازی بە هاوەڵ نیەو هەر بەوەش ئەمرم پێ کراوە کە من خوا بپەرستمو من یەکەم موسڵمانم ، ئاشکرایە بۆ ئەم ڕێبازە، پێغەمبەرمان ﷺ یەکەم کەس بوە کە تەسلیمی ئەم ڕێبازە بووە لە پاشان لەوەوە بە خەڵکی تر گەیشتوە.

(١٦٤) ئەی محمد ﷺ بڵێ: ئایا من بێجگە لە خوا کەسێکی تر بکەم بە پەروەردگاری خۆم لە گەل ئەوەشدا هەر ئەوەکە پەروەردگاری هەمووشتێکەو هیچ کەسێك هیچ خراپەیەك ناکات مەگەر لە سەر خۆی بنوسرێت ، چونکە هیچ نەفسێکی تاوانبار ناتوانێ تاوانی کەسێکی تر هەڵگرێت لە پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای پەروەردگاری خۆتانە ، ئەوسا لەوێ خەبەرتان پێ دەدات بەو شتەی کە ئێوە لە دنیادا ناکۆکیتان تێدا بوە کە دوا ڕۆژو ئەم ئایینەو پێغەمبەرەکەیەتیو هەندێکتان باوەڕتان پێ کردو هەندێکی ترتان باوەڕتان پێ نەکرد.

(١٦٥) خۆ ئەو ، ئەو کەسەیە کە ئێوەی کردوە بە جێنشین لە سەر زەویداو چین لە دوای چین دێنو زەوی ئاوەدان دەکەنەوەو هەندێکتانی چەند پلە بە سەر هەندێکی ترتاندا بەرز کردوەتەوە بە هۆی زانیاریو لە خوا ترسانو خزمەت بە خەڵكو سەروەتو سامان‌وهێزو دەسەڵاتی دنیاییەوە تا خوا تاقیتان بکاتەوە لەوەی کە پێی داونو دەربکەوێت بۆ خۆتان کە چۆن ڕەفتار دەکەن لەکاتی پێدانی ئەو نعمەتانەدا یان پێنەدانی ، بێگومان پەروەردگارت زۆر بە پەلەیە لە تۆڵە سەندنەوەداو ئەو زۆر لێ بوردەیە لە تاوانی بەندەکانیو خاوەنی بەزەییو سۆزە بۆیان.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: { لَوْ يَعْلَمُ الْمُؤْمِنُ مَا عِنْدَ اللهِ مِنَ الْعُقُوبَةِ مَا طَمِعَ فِي الْجَنَّةِ أَحَدٌ وَلَوْ يَعْلَمُ الْكَافِرُ مَا عِنْدَ اللهِ مِنَ الرَّحْمَةِ مَا قَنَطَ مِنَ الْجَنَّةِ أَحَدٌ خَلَقَ اللهُ مِائَةَ رَحْمَةٍ فَوَضَعَ رَحْمَةً وَاحِدَةً بَيْنَ خَلْقِهِ يَتَرَاحَمُونَ بِهَا وَعِنْدَ اللهِ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ رَحْمَةً / احمد،مسلم/ ئەگەر باوەڕدار بزانێت کە لای خوا چەندە تۆڵەی سەخت هەیە بە تەمای بەهەشت نابێ ، وە ئەگەر خوانەناسیش بزانێت کە لای خوا چەندە ڕەحمەت‌وسۆز هەیە لە بەهەشت نائومێد نابێ ،خوا سەد دانە ڕەحمەتی دروست کردوە یەك دانەی لە ناو هەموو دروست کراوەکانی خۆیدا داناوە کە بەزەییان بە یەکترا دێتەوەو لە لای خوا نەوەدو نۆ بەشی هەیە}سا خوا لەوسۆزەی بێبەشمان نەکات.

شُورَةُ الأَعْرَافِ ٧ — ٢٠٦

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓصٓ (١) كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ فَلَا يَكُن فِى صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ
لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ (٢) ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم
مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ (٣)
وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَا فَجَآءَهَا بَأْسُنَا بَيَٰتًا أَوْ هُمْ قَآئِلُونَ
(٤) فَمَا كَانَ دَعْوَىٰهُمْ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ إِنَّا كُنَّا
ظَٰلِمِينَ (٥) فَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْـَٔلَنَّ
ٱلْمُرْسَلِينَ (٦) فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ ۖ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ (٧)
وَٱلْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ ۚ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلْمُفْلِحُونَ (٨) وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟
أَنفُسَهُم بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَظْلِمُونَ (٩) وَلَقَدْ مَكَّنَّٰكُمْ
فِى ٱلْأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَٰيِشَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ (١٠)
وَلَقَدْ خَلَقْنَٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَٰكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟
لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ (١١)

٧ سورەتی ئەعراف ٢٠٦

سورەتی ئەعراف کە سورەتی حەوتەمی قورئانەو دوسەدو شەش ئایەتە لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە بێجگە لەئایەتی سەدوشەستو سێ تا سەدو حەفتا کە دەڵێن لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە. ئەم سورەتە بەم ناوانەیش دەناسرێت: الْمِيقات، الْمِيثاق... دایکی باوەڕداران عایشە دەڵێت: {إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَرَأَ فِي صَلَاةِ الْمَغْرِبِ بِسُورَةِ الْأَعْرَافِ فَرَّقَهَا فِي رَكْعَتَيْنِ/ النسائي، صححه الألباني/ پێغەمبەری خوا لە لە دو رکاتی نوێژی مەغریبدا سورەتی ئەعرافی خوێندوە.}

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەلیف، لام، میم، صاد. هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد باشترین قسە ئەوەیە کە ئینسان خۆی بپارێزێت لە تەفسیر کردنی ئەم پیتانە، بەڵام باوەڕی وابێ کەبێ سودنیەن.

(٢) ئەمە پەڕاوێکە رەوانەکراوەتە لای تۆو گاڵتەو گەمە نیەو خۆت دات نەناوە جا با دڵت تەنگ نەبێ لەبارەی قسەی پڕو پوچی بێ باوەڕانەوە سەبارەت بەو کتێبە کە وەحیمان کردوەتە لای تۆ، تۆ بە خەڵکی رابگەیەنە جاخەڵك بەگوێت ناکات دڵت تەنگ نەبێ ، بۆیە رەوانەمانکردوە تاتۆ خەڵکی لاسارو سەرکەشی پێ بترسێنیو تا ئەم پەڕاوە دەرسو ئامۆژگاری بێ بۆ باوەڕداران واتە ئەوەی باوەڕدارە سودی لێ وەردەگرێت ئەوەش کە باوەڕدارنیە تاوانی بێ باوەڕیەکەی لەسەر تۆنیە.ئینجا دەفەرموێ:

(٣) دەی پەیڕەوی بکەن لەوەی کە رەوانەکراوەتەلاتان لەلایەن پەروەردگارتانەوەو شوێن پێی پێغەمبەرەکەتان بگرنو پەیڕەوی بێجگەلە ئەوزاتە نەکەنو نەیکەن بەدۆست بۆخۆتان، کەم بیر دەکەنەوە، دەبوایە هەمیشە ژیری خۆتانتان بخستایە کارەوەو رێگای هەڵەتان نەگرتایە،

(٤) خۆ زۆر خەڵکی دێهاتوشارمان لەناو برد ، جا سزای ئێمەیان بۆ هات لە شەوو لەکاتی خەوتندا یان لە رۆژو لەکاتی پشودانی پێش نیوەڕۆیاندا

(٥) جا کاتێك کە سزای ئێمە یان بۆ دەهات هاوارو بانگی ئەوان هیچ نەبوو جگە لەوەی کە دەیان وت: بێگومان کەئێمە ستەمکاربوین. واتە ئەوکاتە بیریان دەکردەوە بەڵام چ سودی هەبو کاتێك کەسزای خوا دەهات ، جا خوای گەورە ئەوە باس دەکات بۆ ئێمە تا بەلکو وەك ئەوان توش نەبینو ئینجا ﷲ دەفەرموێ:

(٦) سوێند بەخۆم پرسیار دەکەین لەو گەلانەی کە پێغەمبەرمان بۆ رەوانەکردون کە چۆن وەڵامی پێغەمبەرەکەیان داوەتەوە وە چیان لە گەڵدا کردونو پرسیاریش لەو پێغەمبەرانەش دەکەین کە ئێوە چۆنتان پێ راگەیاندونو گەلەکەتان چۆنی وەڵام داونەتەوە؟

(٧) ئەوکاتە ئێمە باسی دەکەین بۆئەوان لە روی ئەوزانیارییە ووردوەکەهەمانە نەك لە خۆمانەوە قسەبکەین بێجگەلەوەی کە فریشتەکان نوسیویانەو زەوی تۆماری کردوەو نوسخەی وەك کردارەکانیان لێ گیراوە ﷲ دەفەرموێ: وەئێمە بێ ئاگاوغایب نەبوین لەوانو هەمو شتەکانیان لەبەرچاومان بووە. ئینجا دەفەرموێ:

(٨) ئەو رۆژە کێشانە زۆر وردورێكو پێکەو هیچ کەس ستەمی لێ ناکرێتو هیچ کەس زیادەیەکی لە سەر دانانرێت جا ئەو کەسەی کە تای ترازوی چاکەکانی قورس بێت ئەوسابەراستی ئەوانە سەرفەرازو خۆش بەختنو بەرەو بەهەشتی هەمیشەیی رەوانە دەکرێن

قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسۡجُدَ إِذۡ أَمَرۡتُكَۖ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ
وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ﴿١٢﴾ قَالَ فَٱهۡبِطۡ مِنۡهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ
فِيهَا فَٱخۡرُجۡ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ﴿١٣﴾ قَالَ أَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ
﴿١٤﴾ قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ﴿١٥﴾ قَالَ فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ
صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ
وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ ﴿١٧﴾ قَالَ
ٱخۡرُجۡ مِنۡهَا مَذۡءُومٗا مَّدۡحُورٗاۖ لَّمَن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمۡ
أَجۡمَعِينَ ﴿١٨﴾ وَيَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ فَكُلَا مِنۡ حَيۡثُ
شِئۡتُمَا وَلَا تَقۡرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩﴾ فَوَسۡوَسَ
لَهُمَا ٱلشَّيۡطَٰنُ لِيُبۡدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنۡهُمَا مِن سَوۡءَٰتِهِمَا وَقَالَ
مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنۡ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيۡنِ أَوۡ تَكُونَا
مِنَ ٱلۡخَٰلِدِينَ ﴿٢٠﴾ وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٢١﴾
فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٖۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا
يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۖ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمۡ أَنۡهَكُمَا
عَن تِلۡكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمَا عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٢٢﴾

(٩) خۆ ئەوکەسەی کەتای تەرازوی چاکەکانی سووك بێتو خراپەی قورس بێ ئەوسابەراستی ئەوانە کەسانێکن کە خۆیانیان دۆڕاندوەو زیانیان لەنەفسی خۆیان داوە بەهۆی ئەوەی کە دژایەتی نیشانەکانی ئێمەیان کردوە ، ئینجا کێشانە چۆن دەکرێت؟ ئایا ئەوەی کە نوسراوە لەناو دەفتەرەکانیان یان کابرا بەئەندازەی کردارەکانی گەورە دەکرێتو دەکێشرێت یان کردوەکانیان دەکرێت بەشێوەی زەلامێك یان سێ جار کێشانە دەکرێت هەرجارەی بەشێوەیەك لەو شێوانەی کەباسکران هەموی دەگونجێ ، گرنگ ئەوەیە کە کردارو وتارو نیەتی هیچ کەسێك لای خوا ون نابێو ستەم لە هیچ کەسێکیش ناکرێت . پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ دەربارەی عەبدوڵا کوڕی مەسعود کە مرۆڤێکی زۆر بچوكو دوو لاقی زۆر باریکی پێوەبوون فەرموی:{ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَهُمَا أَثْقَلُ فِي الْمِيزَانِ مِنْ أُحُدٍ / احمد. صححه الألباني/ ئایا ئێوە سەرتان سوڕدەمێنێ لەباریکی هەردوو قاچی سوێند بەو کەسەی کەگیانی منی بەدەستە ئەودوو قاچەی لەکێشانەدا قورسترن لە چیایی ئوحود}

(١٠) بەراستی ئێوەمان جێگیر کردوە لەم زەوییەداو پێبژێوییمان لەناویدا بۆ داناون بەڵام ئێوە کەم سوپاسی ﷲ دەکەن .

(١١) خۆ بەراستی ئێمە ئێوەمان دروستکردوە جا ئەوەبو بەو شێوەی کەخۆمان ویستمان وێنەمان کێشان ، جا واخوای گەورە داستانی دروستبونی باوکە گەورەمان ئادەم بەشێوەیەکی زۆرکورتو کێشەی شەیتانو سەرئەنجامی کێشەکەیو پاڕانەوەی باوەکە گەورەمانو ئاکامی ئەو روداوەمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ: بە فریشتەکانمان وت: سوجدە ببەن بۆ ئادەم ئەوسا هەموویان بێ درەنگ سوجدەیان برد بێجگە لە شەیتان کە ئەو سوجدەی نەبردو نەهاتە ریزی سوجدەبەرانەوە

(١٢) خوا فەرموی: ئەی شەیتان چ شتێك وای لە تۆ کرد کە سوجدە نەبەیت ئەوکاتەی کەمن دەستورم پێ دایت کە سوجدە ببەیت شەیتان وتی: بۆیە سوجدەی بۆنابەم چونکە من لەو چاکترم ، بەلگەی خۆبەچاك زانی باس دەکاتو دەڵێ منت لە ئاگر دروست کردوەو ئەوت دروست کردوە لە قوڕ ئاگرم لەلا بەرێزترە ، شەیتان لێرەدا هەر تەماشای رواڵەتی کردوەو بیری لەوەنەکردوە کە ئادەم خوا بەدەستی خۆی دروستی کردوەو گیانی وەبەرا کردوە ، وەبیری لەوە نەکردوە کە خاك سەرچاوەی ژیانی هەموو گیان لەبەرانیەتی لەسەر زەویداو کەرەسەکانی ئاگریش هەموو لەناو خاکدانو بەشێکن لەوخاکەو ئەوەندە بەسودە ئەوەندەش وێران کەرو لەناوبەرە خۆهەرچەندە بەرێزیشبێ هەربەشێکی خاکە ، دەستێکی مرۆڤ هەرچەند بەهێزبێ ئەومرۆڤە بەهەموو بەشەکانیەو بەرێزترە لەویەك دەستە، جا ئەمە قیاسێك بوو کە شەیتان کردی قیاسێکی هەڵەو بەو قیاسە هەڵە خۆیو پەیڕەوانی بۆ هەمیشە سەرشۆڕو رسواکرد، دەڵێن ئەوەڵ کەسێکیش کە قیاسی کردوە شەیتان بووە ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {خُلِقَتْ الْمَلَائِكَةُ مِنْ نُورٍ وَخُلِقَ الْجَانُّ مِنْ مَارِجٍ مِنْ نَارٍ وَخُلِقَ آدَمُ مِمَّا وُصِفَ لَكُمْ /مسلم/ فریشتەکان لە روناکی دروست کراونو شەیتان لە پوختەی ئاگر دروست کراوە ، وە ئادەمیش لە وە دروست کراوە کە بۆتان باس کراوە} واتە لە خاك . دیارە دروستبونی ئادەم لە خاك بەم قۆناغانەدا تێ پەڕیوە یەکەم: خاك بووە. دوهەم: کراوەبە قوڕ، سێهەم: قوڕێکی لینجو مج. چوارەم: قوڕێکی ترشاو . پێنجەم: قوڕێکی وشکبوی وەك کەندو . شەشهەم: ئەو شێوە کەندوە ئەوەندە وشکبوە کەدەستی لێ بدرایە زیکەی لێوەدەهات، بەڵێ، خوای میهرەبانو بەدەسەڵات دەیتوانی هەروەك باقی دروستکراوەکانی تر بەئەمیش بفەرموێت: ببە، دەبو. بەڵام خوای دانا دروستکراوێك دروست دەکات کەپێویستە ئیشەکانی لەسەر خۆو قۆناغ بەقۆناغ ورێكو پێك بێو ناتوانێ

هەمو پێویستیەکانیو ئەرکەکانی بێ پشودانو لەیەك قۆناغدا ئەنجام بدات لەبەرئەوە ئەو دەرسەی بەشێوەی کردەوەیو لەبەرچاو بەنەوەکانی دەڵێ تائەوانیش فێری هەڵسو کەوتو خۆگریو دانانی بەرنامەی ڕێکو پێك بۆ ژیانیان ببن، جا سەرەتا دوژمنمان پێ دەناسێو بەو دوژمنە دەفەرموێ:

(١٣) دابەزە لەو بەهەشتەی کە تێیدایت چونکە بۆتۆ نیە لەو شوێنەدا خۆت بەگەورە بزانی دەی دەرچووە بەراستی تۆ لەریزی بێ نرخو سوكو سەرشۆڕاندایت، جا کە زانی تازە دەستی لەو نازو نیعمەتە بڕاوەو لەو بارەوە هیچی بۆ ناکرێت

(١٤) وتی خوایە مۆڵەتم بدە تاکو ئەو ڕۆژەی کە خەڵکی زیندو دەکرێنەوە. بەم شێوە شەیتان دەیوست کە خۆی دەربازکات لە مردن

(١٥) خوایش فەرموی: تۆ لە مۆڵەت دراوانی بەڵام نەك تاکاتی زیندو بوونەوە بەڵکو تاکاتی نەمانی ژیانی بەرەی ئادەمیو تویش دەبێ بمریتو زیندو بکرێیتەوە بۆ حیساب وەك لە سورەتی (صاد)ئایەتی ٨٠-٨١ دا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ ﴿٨٠﴾ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْوَقْتِ ٱلْمَعْلُومِ ﴿٨١﴾ ﴾ ص: ٨٠ - ٨١خوا دەفەرموێ: بەراستی تۆ لەوانەئەبی کە ماوە دەدرێن هەتا ڕۆژی کاتی دیاریی) بەم شێوەیە دەرکەوت کە ماوەدان بە شەیتان بڕیاری کۆنی خوایەو ئەو بڕیارەش هەڵناوەشێتەوە تائەو کاتە دەبێ ئەو نەفرین لێ کراوە بمێنێو بەخراپەکاری خۆی درێژە بدات، ئەگەر بیر بکەینەوە لە داخوازیو قسەکانی شەیتان دەبینین کە شەیتان بێ باوەڕ نەبووە . ئەگەر باوەڕ هەرزانینو قسەبێ . ئیتر بۆ کافرە؟ بەڵام بەراستی داستانی شەیتان مانای باوەڕمان بەچاکی بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە باوەڕ بریتیە لە ناودڵو وتەی زمانو کردەوە ئەگەر کردەوە نەبو زانینە نەك باوەڕ واتە: مەسەلەی عیلمو ئیمان دوو شتی لەیەك جیان شەیتان ئەو بناغانەی ئاینی هەموو زانیوە بەڵام ئامادە نەبووە بەو زانینە ئیش بکاتو گەرموگوڕ بوونی لەسەر فەساد هەڵی دەنێو لە باتی پەشیمان بوونەوە،

(١٦) دەڵێ جا بەهۆی ئەوەی کەمنت گومڕاکرد سوێند بەگەورەیت منیش دادەنیشمو کەمین دەکەم بۆ ئەوان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەتدا .

(١٧) لەپاشان بۆیان دەچم لەبەردەمیانەوەو لە پشتیانەوە، وە لەلای ڕاستیانەوەو لە چەپیانەوە واتە بەهەموو شێوەیەك دێمە ڕێگایانوتۆ زۆربەی ئەوانت دەست ناکەوێت کە سوپاست بکەن ، وەبەداخەوە ئەم پێشبینیەیی شەیتان ڕاست دەرچوو لەسورەتی(السبأ) ئایەتی ٢٠دا دەفەرموێ: (بەراستی شەیتان گومانەکەی خۆی بردەسەر دژی ئەوان ، جادوای کەوتن بێجگە لە کۆمەڵێك لە باوەڕداران) عەبدوڵای کوڕی عومەرخوالێیان ڕازی بێت دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم پاڕانەوانەی نە بەیانیانو نە ئێواران وازلێ نەهێناوە{ اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ الْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ فِي دِينِي وَدُنْيَايَ وَأَهْلِي وَمَالِي اللَّهُمَّ اسْتُرْ عَوْرَاتِي وَآمِنْ رَوْعَاتِي اللَّهُمَّ احْفَظْنِي مِنْ بَيْنِ يَدَيَّ وَمِنْ خَلْفِي وَعَنْ يَمِينِي وَعَنْ شِمَالِي وَمِنْ فَوْقِي وَأَعُوذُ بِعَظَمَتِكَ أَنْ أُغْتَالَ مِنْ تَحْتِي / احمد والحاكم وقال صحيح الاسناد/ئەی خوایە داوای چاوپۆشیو تەندروستی دونیاو قیامەتت لێ دەکەم، ئەی خوایە داوای چاوپووشیو تەندروستی ئایینو ژیانو ئەهلو ماڵت لێ دەکەم، ئەی خوایە عەیبەکانم داپۆشە ئەی خوایە ترسەکانم بگۆڕە بە هێوری، ئەی خوایە بم پارێزی لە بەردەممو لە پشتمو لە ڕاستمو لە چەپمو لە سەرم، وەپەنا بەگەورەیت دەگرم کەلە ژێر قاچمەوە بکوژرێم).

(١٨) خوا فەرموی: دەرچۆ لەوێدا ئابڕوچوانەو تێ هەڵدراوانە سوێند بەخۆم ئەو کەسەی لەوان کە پەیڕەوی تۆ بن چاوپۆشیان لێ ناکەم جەهەنم پڕ دەکەم لە ئێوە هەموتانو هیچکامتان لە دەستم دەرناچنو لە بیر نابرێنەوەو لێم پەنانادرێن چونکە ئێمە ڕێگای خۆمانمان ڕۆشنکردوەتەوەو کەس بەهانەی نەماوە بۆ قیامەت، ئیجا خوای میهرەبان ڕوودەکاتە ئادەمو دەفەرموێ:

(١٩) ئەی ئادەم خۆتو هاوسەرەکەت ئارام بگرن لەم بەهەشتەداو دانیشن ئینجا بخۆن لەهەر جێگایەكو لە هەر شتێك کە ئارە زۆتان لێ بێت بەڵام نزیکی ئەم درختە نەکەونەوە ، خوای گەورە درختێکی بۆ دیاری کردن چونکە ئەگەر نزیکی ئەو درختە ببنەوە هەردووکتان لە ستەمکاران دەبن. بەڵام زۆری نەخایاند

(٢٠) ئەوسا ئەو شەیتانەی کە بەڵێنی داوە بۆ فریودانی ئادەمو نەوەکانی خەتەرەی دروست کرد لەناو دڵی ئادەمو حەوادا بۆئەوەی کە عەیبو عاری ئەوان داپۆشراوبو دەری بخاتو ڕوتیان بکاتەوەو وتی: خوای ئێوە بۆیە بەرگری کردوە هیچ مەبەستێکی نیە مەگەر بۆ ئەوەی کە ئێوە وەکو فریشتەکان نەبن وە ئێوە لەوانە نەبن کە بۆ هەمیشە لەوێ بمێننەوە،

قَالَا رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمۡ تَغۡفِرۡ لَنَا وَتَرۡحَمۡنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ
ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ قَالَ ٱهۡبِطُواْ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ وَلَكُمۡ فِي
ٱلۡأَرۡضِ مُسۡتَقَرّٞ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ ﴿٢٤﴾ قَالَ فِيهَا تَحۡيَوۡنَ وَفِيهَا
تَمُوتُونَ وَمِنۡهَا تُخۡرَجُونَ ﴿٢٥﴾ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا
يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ ذَٰلِكَ مِنۡ
ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ﴿٢٦﴾ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ
ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا
لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمۡ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنۡ حَيۡثُ لَا تَرَوۡنَهُمۡۗ
إِنَّا جَعَلۡنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٢٧﴾ وَإِذَا فَعَلُواْ
فَٰحِشَةٗ قَالُواْ وَجَدۡنَا عَلَيۡهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَاۗ قُلۡ إِنَّ ٱللَّهَ
لَا يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٢٨﴾ قُلۡ
أَمَرَ رَبِّي بِٱلۡقِسۡطِۖ وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ
وَٱدۡعُوهُ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَۚ كَمَا بَدَأَكُمۡ تَعُودُونَ ﴿٢٩﴾ فَرِيقًا
هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلضَّلَٰلَةُۚ إِنَّهُمُ ٱتَّخَذُواْ ٱلشَّيَٰطِينَ
أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُم مُّهۡتَدُونَ ﴿٣٠﴾

ئەگەر بێت بیخۆن هەم وەك فریشتەكان دەبن‌و هەم بۆ هەمیشە دەمێننەوە .

(٢١) وەلەسەر راستی ئەم قسەیەی خۆی سوێندی بۆ خواردن بەخوا كە من یەكێكم لە ئامۆژگاری كەران بۆ ئێوەو مەبەستم خۆشی‌و خۆشبەختی ئێوەیە.

(٢٢) جا ئابەم جۆرە هەردووكیانی ڕێنمایی كرد بۆ لە خۆ بایی بون‌و سەری لێ تێك دان ، ئینجا ئەوانیش لەبەروبومی ئەودرەختەیان خوارد، جاكاتێ كە لەو درختەیان خوارد پۆشاكیان لەبەردانەماو عەیبیان دەركەوت‌و بەپەلە گەڵای ئەوباخەیان دەهێناو خۆیان پێ دادەپۆشی‌و پەروەردگاریان بانگی كردن: ئەی من ئێوەم قەدەغە نەكرد لە خواردنی ئەو درختەو پێم نەوتن، كە شەیتان دوژمنی ئاشكراتانەو ئاگاتان لە خۆتان بێت؟ جا دەگونجێ هەروەك مانامان كرد وابێ كە رواڵەتی ئایەتەكە كەهەر زۆر بەزوویی ئەوەی لێ وەردەگیرێ یان مەبەست ئەوەبێ كەئادەم‌و حەوا تالەو درختەیان نەخواردبو هێزی شەهوانیان نەبو هەستی تەماشا كردنی یەكتریان نەدەكرد كەلە درختەكەیان خوارد هەستیان جوڵاو ناچار بۆ داپۆشینی عەیبی خۆیان پەنایان بردە بەر گەڵای درختان ، والله اعلم. ئینجا ئادەم‌و حەوا هەستیان بەتاوانی خۆیان كردو پەشیمان بونەوە،

(٢٣) هەردووكیان وتیان: ئەی پەروەدگارمان بەراستی ئێمە ستەممان كردوە لەخۆمان‌و ئەگەر تۆ لە گوناهمان خۆش نەبیت‌و رەحممان پێ نەكەیت سوێند بەزاتت ئەوكاتە ئێمە لە كۆمەڵی رەنجەڕۆیان دەبین، جا خوا تۆبەی لە ئادەم‌و حەوا وەرگرت چونكە پەشیمان بونەوە.

(٢٤) فەرموی: دابەزنە خوارەوە هەندێكتان دوژمنی هەندێكتان دەبن ، وەبۆ ئێوە لەم زەویدا شوێنی ئارام گرتن‌و لەزەتێك هەیە تاماوەیەك. بەڵێ ئابەم شێوەیە ئادەم لەو نازونیعمەتە دەرهێنراو بەرەو مەبەستی سەرەكی دروست بوونی كە جێ نشینیە لەم زەویەدا بەرێ كرا _لەم بارەوە لە سورەتی بەقەرەدا قسەمان كردوەو پێویست بە دووبارەكردنەوە ناكات.

(٢٥) فەرموی: ئێوەلەناو ئەم زەویەدا دەژین‌و لەوێدا دەمرن‌و دووبارە لەوێوە دەر دەهێنرێنەوەو زیندو دەكرێنەوە بۆ حیساب‌و پاداشت‌و سزا ، وەلە سورەتی (طه)ئایەتی ٥٥دا بەهەمان شێوە دەفەرموێ: (لەم زەویە ئێوەمان دروست كردوەو دەتان كەینەوە بەخاك‌و جارێكی تر لەوێوە دەرتان دەهێنینەوە) بەڵێ، بەراستی شەڕی شەیتان‌و نەوەكانی لە خۆی‌و لە ئادەمی لەگەڵ پاكانی نەوەی ئادەم شەڕێكی سەخت‌و درێژ خایەنەو دەبێ رۆژێ بێتە پێشەوە كە شەیتان‌و پەیڕەوانی سزای تەواوی سەرپێچی‌و تاوانكاری خۆیان وەرگرن‌و چاكەكارانیش بە پاداشتی خۆیان بگەن، ئینجا خوای داناو میهرەبان ئامۆژگاری نەوەی ئادەم دەكات‌و دەفەرموێ:

(٢٦) ئەی بنیام بەراستی ئێمە رەوانەمان كرد بۆتان لیباس‌و پۆشاك، بۆپاراستنتان لەگەرماو سەرماو هەم بۆجوانیش مەبەست لەناردن ئەوەیە كە خوای گەورە هۆی پەیدابوونی ئەو پۆشاكەی لەئاسمانەوە ناردوە كەبارانەو لە ئاسمانەوە باران دەبارێت‌و دەبێ بەهۆی سەوز بوونی گیاو ژیانی مەڕومالاَت كە لیباس بەزۆری لەو رۆكانەو لەخوری ومووكورك و پێستی حەیواناتەوەیە، ئەگەر باران‌و ئاو نەبێ هیچیان نابن كەواتە وشەی ﴿أَنزَلۡنَا﴾ الأعراف: ٢٦/ رەوانەمان كرد) جێگای خۆیەتی، جا خوای گەورە مەڕومالاَت‌و لۆكەو هەورێشمی كرد بەسەرچاوەیەكی سەرەكی پۆشاك تا عەیبەكانی خۆتانی پێ داپۆشن‌و بۆ جوانیش تا بتوانن خۆتانی پێ بڕازێننەوەو لەسەر

ئەمانەیشەوە پۆشاکێکی تر هەیە کەپۆشاکی لە خوا ترسانو خۆپاراستنە لەو شتانەی کەدەبنە هۆی رقو قینی الله، کەئەوەیان چاکترەو بەسود ترەو مایەی خۆشبەختی هەردوو دنیایە چونکە ئەگەر مرۆڤ لە خوا ترسا نەپیاو لیباسی هەورێشم دەپۆشێتو نەپۆشاکی تەنگو تروسکو درێژ دروست دەکات ونە ئافرەتان خۆیان روت دەکەنەوەو خۆیان بەو هەرزانیە دەفرۆشن بە چاوچنۆکان کەواتە، پۆشاکی تەقوا گەورەترینو بنەڕەت ترین پۆشاکەو ئەگەر ئەو پۆشاکە ناو دەرونیە نەبێ پۆشاکە رواڵەتیەکان هەر زۆر زوو پارچە پارچە دەبنو نامێنێ ، بەداخەوە مرۆڤی ئەمڕۆ لەباتی بە مرۆڤ بوون لەروتیو تێکەڵاویدا شانازی بەئاژەڵ بوونەوە دەکات؟! ئینجا دەفەرموێ: ئەوەی کە باسمان کرد هەندێکن لە نیشانەکانی الله بەڵکو ئێوەش بیر بکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرنو وازبێنن لەتاوانو خراپەکاری وپۆشینی پۆشاکی نادروستو خۆچواندن بەئاژەڵەوە . ئینجا دەفەرموێ

(٢٧) ئەی بنیام شەیتان نەتان خەڵەتێنێ هەروەك چۆن دایكو باوكتانی لە بەهەشتدا دا بەدەرکردن، کەپۆشاکەکەیانی لەبەر داکەندن تا عەیبیان دەرکەوێتو سوك ببن واتە دەرکەوتنی عەیبە ، هۆی سوك بوونی مرۆڤەچ پیاو چ ئافرەت جا ئەوە کەی ژیریە کە بنیام بەدەستی خۆی خۆی سوك بکات؟ بێگومان کە ئەوشەیتانە ئێوە دەبینێ خۆیو تاقمەکەیشی بە شێوەیەك کە ئێوە ئەوان نابینن واتە بە شێوەی خۆیان ئێمە شەیتانو تیرەکەی نابینین، بێگومان کە ئێمە شەیتانمان کردوە بە دۆستی ئەوکەسانەی کە باوەڕ ناهێنن واتە ئەگەر کەسێك باوەڕداربێت شەیتان ناگرێ بەسەرپەرستیو ناتوانێ بەرەو شەرمەزاریو نزمی بیبات ، ئابەم شێوەیە پەروەردگارمان دەمان ترسێنێ لە شەیتانو پێڕەکەی وەك لە سورەتی (الکهف)ئایەتی ٥٠دا دەفەرموێ:(ئایا شەیتانو نەوەکەی دەکەن بەدۆستی خۆتانو وازلەمن دەهێنن لەحاڵێداکەئەو دوژمنتانە؟ پیسترین ئاڵوگۆڕکردنێکە ئائەمە بۆ ستەمکاران) ئینجا دەفەرموێ:

(٢٨) ئەو بێ باوەڕانە هەرکاتێ خراپەیان دەکرد دەیان وت: بابو باپیرانمان ئاوایان کردوە دیارە ئەوانیش لە خۆیانەوە نەبووە بەڵکو بەبڕیاری اللهبووەو الله یش وای دەستور پێ داوین کە ئاوابکەین.

۞ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ
وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴿٣١﴾ قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ
ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ
فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ
لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿٣٢﴾ قُلۡ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا
بَطَنَ وَٱلۡإِثۡمَ وَٱلۡبَغۡيَ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَأَن تُشۡرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ
سُلۡطَٰنٗا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٣٣﴾ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٞۖ
فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ لَا يَسۡتَأۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ﴿٣٤﴾
يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي فَمَنِ
ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٣٥﴾ وَٱلَّذِينَ
كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ
فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٣٦﴾ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ
بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ يَنَالُهُمۡ نَصِيبُهُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ
رُسُلُنَا يَتَوَفَّوۡنَهُمۡ قَالُوٓاْ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ
قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ﴿٣٧﴾

دەڵێن عەرەب بێجگە لە قورەیش بەو لیباسەی کە پۆشیبویان تەواف کەعبەیان نەدەکرد گوایە چونکە بەو لیباسە تاوانیان کردوە جا ئەگەر لیباسی تازەیان نەبوایە یان قورەیش لیباسی پێ نەدانایە بەڕوتی تەوافیان دەکرد تەنانەت ئافرەت بەڕوتی بێجگەلە پەڕۆیەك کەلە سەر عەیبی خۆی دای دەنا تەواف دەکردو ئەمەیان بەفەرمانی الله دادەنا بۆیە الله بەتوندی سەرکۆنەیان دەکاتو دەفەرموێ: ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: الله هەرگیز دەستورنادات بە خراپەکاریو داوێن پیسی ئایا ئێوە شتانێك دەڵێن لەبارەی خواوە کە خۆتان هیچ زانیارییەکتان لە سەری نیە؟! واتە نەزانانەو بێ ئاگایانە بڕیار دەدەن. ئینجا دەفەرموێ:

(٢٩) پێیان بڵێ: پەروەردگارم دەستوری داوە بەهاوتایو دادپەروەری ، وە فرمانی داوە کە لە هەموو مزگەوتەکاندا روەکانتان راست بکەنە اللهو لە کاتی هەموو بەندایەتیوپاڕانەوەکانتان دا خۆتان یەك لا بکەنەوە بۆی وهەرلەو بپاڕێنەوە ، وەئەو بپەرستنو بەشێوەیەك کە هاوتابێتەوە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا جا هەروەك چۆن ئێوەی لەسەرەتاوە دروست کردوە هەرئاوەها دروستتان دەکاتەوە بۆ حیساب، جاکە دروستی کردوون

(٣٠) ئەوكاتە كۆمەڵێك ڕێنمایی‌و هیدایەت دەدات‌و وەكۆمەڵێكیش بەبۆنەی خراپی خۆیانەوە دوچاری گومڕاهی‌و سەرلێ شێواوی دەكات چونكە ئەوان لەباتی ﷲ دا شەیتانیان كردوە بە دۆستی خۆیان‌و وا دەزانن كە ئەوان هیدایەت دراون‌و ڕێگەی هیدایەتیان گرتوە ! واتە ئەمانە بێ باوەڕو كافربوون بەڵام خۆیان وادەزانن كەلەسەر ڕێگای ڕاستن‌و ئیشی خۆیانیان بەلاوە چاكە كەبەم جۆرە كەسانە دەوترێ نەزانینی ئاوێتەی هەیە (الجهل المركب) جارێكی تر خوا بانگ دەكاتە خەڵك‌و دەفەرموێ:

(٣١) ئەی كوڕانی ئادەم لەكاتی نوێژەكانتانداو وەلە كاتی هاتوچۆی مزگەوتەكانتاندا جل‌و بەرگی جوان بپۆشن. سوننەت وایە لەكاتی نوێژو لەكاتی چونە مزگەوتدا مرۆڤ جل‌و بەرگی جوان‌و خاوێن بپۆشێ چونكە بەرامبەری خالقی خۆی ڕادەوەستێ تا جوان‌و پاك‌و خاوێنتربێ چاكترە ، وەبخۆن‌و بخۆنەوەو زیادە ڕەوی مەكەن بەبێگومان كە ئەوزاتە مرۆڤی زیادەڕەوی خۆش ناوێت. جا تەماشاكەن چۆن خوای گەورە ڕێگەی ژیانمان پێشان دەدات ئایا ئەگەر ئێمە زیادە ڕەوی بكەین هیچ زیانێك لە ﷲ دەكەوێت؟ خۆئەگەر زیادەڕەویمان كرد هەم ماڵی خۆمان لەبەین دەبەین‌و هەم لە ئایندەشدا دەبین بەسەربار بەسەر كۆمەڵەوە، هەندێ لە پێشینە ساڵحەكان وتویانە: خوا تەواوی نەخۆشی‌و چارەسەریەكانی لەنێو ئەم ئایەتەدا باسكردوە(بخۆن‌و بخۆنەوەو زیادە ڕەوی مەكەن).

(٣٢) ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: كێ ئەو پۆشاك‌وخشڵە جوانەو ئەو شتەپاك‌و خاوێنانەی كە ﷲ پێی ڕەوابینیون حەرام كردوە؟واتە كەس بۆی نیە كە حەرامیان بكات، بڵێ: ئەو زینەت‌و ڕزق‌وڕۆزیە پاكانە بۆ ئیماندارانە لە ژیانی دونیاداو هەر تایبەتی خۆیشیانە لە ڕۆژی دوایی داو قەدەغەكراوە لە بێ باوەڕان چونكە ئەوان دۆزەخین‌و دۆزەخیش هیچ نیعمەتێكی تێدانیە ، جا كێ هەردوو ژیانی دەوێ باپەیڕەوی ئایین بكات‌و دلگرم بێ لەسەری‌و خەڵكیشی بۆ بانگ بكات تا بەرهەم‌و سودی ئەو دنیایشی زیاتر ببێت، ئینجا خوا دەفەرموێ: ئێمە هەر ئاوەها درێژە دەدەین بە نیشانەكانی خۆمان بۆ گەلێك كە شت دەزانن واتە گەلی نەزان سود لەم ئایەتانە وەرناگرێت، هەرچەندە تۆ باسی ئاینی خوایی بۆ بكەیت ئەو خەریكی حیسابێكی ترەو دڵی بۆ شوێنێكی تر لێ دەدات، ئینجا خوای گەورە باسی چوار خراپەو تاوان دەكات‌و دەفەرموێ:

(٣٣) پێیان بڵێ: خوای من تەنها داوێن پیسی حەرام كردوە چ ئەوەی كە ئاشكرابێت‌و چ ئەوەی كەبە پەنامەكی بێت‌و گوناهو هاوەڵ دابنێن بۆ خوا كە هیچ بەڵگەیەكی لەسەربونی ئەو هاوبەشییە ڕەوانە نەكردوە بۆتان، واتە قسەیەكی بچوكی بێ ئاوەڕۆكەو مایەیی شەرمەندەیی‌و دۆزەخی هەتاهەتایی مرۆڤە، جا بۆتاوانی چوارەمیان دەفەرموێ: كە لە خۆتانەوە قسەیەك هەڵبەستن بەدەمی خواوەو شتێك بڵێن كە خۆتان هیچی لێ نازانن. جا وەك لە پێشەوە باسمان كرد ئەم بێ باوەڕانە هەروا لە خۆیانەوە دەیان وت فلان شت حەڵاڵەو فلان شت حەرامەو بەكەیفی خۆیان حەڵاڵ‌و حەرامیان دادەنا بەداخەوە ئێستاش زۆر قسەی ئاوا هەڵەو ناڕەوا دەكرێت‌و كابرا دەڵێت باشە بۆ ئەوەی خوا سەری بڕیوە ناخورێت بەڵام ئەوەی من سەری ببڕم دەخورێت؟ ڕخنەلە یاسای ئیسلام دەگرن‌و یاسا دادەنێن‌و حەرام حەڵاڵ دەكەن‌و حەڵاڵیش حەرام دەكەن كە ئەركی سەر شانی خاوەن باوەڕان ئەوەیە كە بەگوێرەی توانا فرمان بەچاكەو بەرگری لە خراپەبكەن‌و بزانن كە تاوانباران ڕزگارنابن وەك دەفەرموێ:

(٣٤) بۆهەرگەلێك ماوەیەكی دیاری كراو هەیە بۆ فەوتاندن یان بەرزوبونەوەیان جا هەركاتێك ماوەی دیاری كراویان هات نەدەتوانن ماوەیەك دوای بخەن‌ونەپێشی بخەن واتە ئەگەر كاتی مەرگی گەلێ یان كەسێك هات یەك چاوبڕكەیەك پێش‌و پاش ناكرێت، جارێكی تر پەروەدگاری عالەم بانگ دەكاتەوە خەڵك‌و دەفەرموێ:

(٣٥) ئەی كوڕانی ئادەم ئەگەر پێغەمبەرانی ئێمە هاتنە لای ئێوەو نیشانەكانی ئێمەیان بۆ ئێوە باسكردن جائەوكەسەی كە لە خوا ترساوئیشی باشی كرد ئیتر هیچ ترسیان نیە ئەوان‌و دڵتەنگ نابن ئەو ڕۆژەی كەهەموو ئینسانەكان لە ناڕەحەتیدا بە چۆكا دەكەون، وەئەوان لە سزای ئەو ڕۆژە سەربەرزانە ڕزگاردەبن‌و خەفەت‌و دڵتەنگیان نابێت، ئینجا قورئان هەروەك نەریتی خۆی كەباسی چاكەكارو پاداشتی كردن باسی خراپەكارو پاداشتی ئەوانیش دەكات‌و دەفەرموێ:

(٣٦) خۆ ئەوکەسانەی کەبێ باوەڕن بەنیشانەکانی ئێمەو خۆیان بەگەورە دەزانیو لایاندا لەونیشانانەی ئێمەو بەقسەی ئەو پێغەمبەرانەیان نەکرد ئەوانە رەفیقی دەستەملی ئاگری جەهەنەمنو بۆ هەمیشە لەناویدا دەمێننەوە ، واتە کەس پێش روانەکردنی پێغەمبەران سزانادرێتو کەسیش پاش هاتنی پێغەمبەران بێ پاداشو سزا نابێت یان بەگوێی پێغەمبەران دەکەنو بەهەشت دەبەن یان بەپێچەوانەوە دۆزەخ دەبەن. ئینجا دەفەرموێ:

(٣٧) کێ هەیە ستەمکارتر لەوکەسەی کەدرۆ بەدەمی خواوە هەڵبەستێت یان بێ باوەڕ بێت بە نیشانەکانی ئەوزاتە، ئائەوانە بەشوچارەنوسی خۆیان لە کردارو رۆزیو تەمەن پێدەگات هەتا کاتێ کە نێراوەکانی ئێمە دێنە لایان کە دەیان مرێنن فریشتەکان پێیان دەڵێن: کوا ئەوانەی لە دنیادا دەتان پەرستنو بانگتان دەکردن، بێجگە لە ﷲ؟ دەڵێن: لێمان بزر بوون، نازانین چیان لێ هات! شایەتی دەدەن لەسەر نەفسی خۆیان کە بەراستی ئەوان ئەوکاتە بێ باوەڕبوون. جا ئەو شایەتیەش بۆیە دەدەن وادەزانن بەوقسەیە رزگاریان دەبێ چونکە دانیان بەتاوانی خۆیانداناوە بەڵام تازە رزگاریان نابێتو ئەو ئیعترافو دان پێدانانە ئالەوکاتەدا بێ سودە بۆیان .

(٣٨) ﷲ پێیان دەفەرموێ: بچنەناو ئەو گەلانەوە کە کەلە پێش ئێوەدا بوون لە جنۆکەو لە ئینسان، بچنەناو ئاگری دۆزەخەوە، جا ئیتر قەپوقاڵیان دەست پێ دەکات کە هەر کۆمەڵێك کەدەچن نەفرەت لەئەوی تریان دەکەنو دەڵێن: ئێوە ئێمەتان خستەناو ئاگری دۆزەخەوە ، جا ئەم شەڕە قسەیە بەردەوامە هەتا هەموویان دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە. ئینجا ئەوانەی کەلە دنیادا دواکەتو ژێردەستەبوون رودەکەنە سەرۆکەکانیانو دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ئەوانە ئێمەیان گومڕاکرد لە دنیادا سا دووبەرامبەر سزیان پێ بدە لەو ئاگرە. جا خوا دەفەرموێ: بۆ هەموتان دوو بەرامبەر سزا هەیە، چونکە ﷲ بەم خەڵکە وەکویەك ژیری پێداون بۆ لە دنیادا لەسەر تاوانو هەڵەپەیڕەوی لەمرۆڤی وەك خۆیان دەکەن؟

(٣٩) جا سەرۆکەکانیان بەئەوان دەڵێن: ئێوە هیچ رێزو گەورەیەکتان بە سەر ئێمەدا نیەو ئێوەش هەرگومڕا بوون وەك ئێمە ئیتر بۆ تاوانی خۆتان دەخەنەسەرئێمە؟ ئینجا پێیان

قَالَ ٱدۡخُلُواْ فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِكُم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ
فِي ٱلنَّارِۖ كُلَّمَا دَخَلَتۡ أُمَّةٞ لَّعَنَتۡ أُخۡتَهَاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱدَّارَكُواْ فِيهَا
جَمِيعٗا قَالَتۡ أُخۡرَىٰهُمۡ لِأُولَىٰهُمۡ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ أَضَلُّونَا فَـَٔاتِهِمۡ
عَذَابٗا ضِعۡفٗا مِّنَ ٱلنَّارِۖ قَالَ لِكُلّٖ ضِعۡفٞ وَلَٰكِن لَّا تَعۡلَمُونَ ﴿٣٨﴾
وَقَالَتۡ أُولَىٰهُمۡ لِأُخۡرَىٰهُمۡ فَمَا كَانَ لَكُمۡ عَلَيۡنَا مِن فَضۡلٖ
فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡسِبُونَ ﴿٣٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ
بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمۡ أَبۡوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدۡخُلُونَ
ٱلۡجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلۡجَمَلُ فِي سَمِّ ٱلۡخِيَاطِۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي
ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿٤٠﴾ لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٞ وَمِن فَوۡقِهِمۡ غَوَاشٖۚ
وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤١﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ
ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٤٢﴾ وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلّٖ
تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي هَدَىٰنَا لِهَٰذَا
وَمَا كُنَّا لِنَهۡتَدِيَ لَوۡلَآ أَنۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُۖ لَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلۡحَقِّۖ
وَنُودُوٓاْ أَن تِلۡكُمُ ٱلۡجَنَّةُ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٤٣﴾

دەوترێ: دەی سزای خۆتان بچێژن بەهۆی ئەوکردارەی کە خۆتان کردوتانەو ستەمتان لێ نەکراوە.

(٤٠) بەبێگومان ئەو کەسانەی کەبێ باوەڕبوون بەنیشانەکانی ئێمەو خۆیان بەگەورە زانیوەو پشتیان کردوەتە نیشانەکانمان دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوەو هیچ کردارێکی چاكو پاڕانەوەیان لێ وەرناگیرێتو ناچنە بەهەشتەوە هەتا وشتر نەچێت بەکونی دەرزیا ، دیارە وشتر هەرگیز بەکونی دەرزی دا ناچێت واتە چوونی ئەوانە بۆ بەهەشت شتێکی نەگونجاوە وەئێمە هەر ئاوەها تۆڵە لەتاوانباران دەسێنین. جا چ پاڕانەوەو کرداری چاکیان وەرناگیرێ یان کاتێ کە گیانیان دەردەچێت ماوە بە رۆحەکانیان نادرێت سەرئاسمان بکەوون وەك پێغەمبەرﷺ باسی دەرچونی گیانی تاوانباری کرد کەبەرز دەکرێتەوە بۆ ئاسمان جا فەرموی: {فَيَصْعَدُونَ بِهَا فَلَا يَمُرُّونَ بِهَا عَلَى مَلَإٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ إِلَّا قَالُوا مَا هَذَا الرُّوحُ الْخَبِيثُ فَيَقُولُونَ فُلَانُ بْنُ فُلَانٍ بِأَقْبَحِ أَسْمَائِهِ الَّتِي كَانَ يُسَمَّى بِهَا فِي الدُّنْيَا حَتَّى يُنْتَهَى بِهِ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا فَيُسْتَفْتَحُ لَهُ فَلَا يُفْتَحُ لَهُ ثُمَّ قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ﴿لَا تُفَتَّحُ لَهُمۡ أَبۡوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلۡجَمَلُ فِي سَمِّ ٱلۡخِيَاطِ﴾ /احمد، صححه الألباني/ ئینجا گیانی ئەو بێباوەڕە بەرز دەکەنەوە بۆ ئاسمان ئەوسا ئەو گیانە بەلای هەر کۆمەڵە

وَنَادَىٰٓ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ أَصْحَٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا
فَهَلْ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا ۖ قَالُوا۟ نَعَمْ ۚ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌۢ بَيْنَهُمْ أَن
لَّعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبْغُونَهَا
عِوَجًا وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ كَٰفِرُونَ ﴿٤٥﴾ وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ ۚ وَعَلَى ٱلْأَعْرَافِ
رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلًّۢا بِسِيمَىٰهُمْ ۚ وَنَادَوْا۟ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ ۚ
لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ ﴿٤٦﴾ ۞ وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَٰرُهُمْ تِلْقَآءَ
أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ قَالُوا۟ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٧﴾ وَنَادَىٰٓ أَصْحَٰبُ
ٱلْأَعْرَافِ رِجَالًا يَعْرِفُونَهُم بِسِيمَىٰهُمْ قَالُوا۟ مَآ أَغْنَىٰ عَنكُمْ جَمْعُكُمْ
وَمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٤٨﴾ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمْتُمْ لَا يَنَالُهُمُ
ٱللَّهُ بِرَحْمَةٍ ۚ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ
﴿٤٩﴾ وَنَادَىٰٓ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ أَنْ أَفِيضُوا۟ عَلَيْنَا
مِنَ ٱلْمَآءِ أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ ۚ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى
ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٥٠﴾ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِبًا
وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۚ فَٱلْيَوْمَ نَنسَىٰهُمْ كَمَا نَسُوا۟
لِقَآءَ يَوْمِهِمْ هَٰذَا وَمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴿٥١﴾

فریشتەیەکدا تێ بپەڕێت دەڵێن، ئەم گیانە بۆگەناوی چییە؟ فریشتە بەرزکەرەوەکانیش دەڵێن: گیانی فلان کەسی کوڕی فلانە، کە بەناشیرینترین ناوی دنیای ناوی دەبەن جا هەربەم شێوە دەبێ هەتا دەیگەیەننە ئاسمانو داوای کردنەوەی دەرگای ئاسمانی بۆ دەکەن بۆی ناکرێتەوە لە پاشدا پێغەمبەری خواﷺ ئەم ئایەتەی خوێندوە ﴿لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ ..الاية﴾ }.

(٤١) بۆ ئەوان هەیە لەناو ئاگری دۆزەخ دا جێگەی ڕاخراو وداخراوو لە سەریانەوە دوکوڵ دایپۆشیون، وەهەر ئاوەها ئێمە لەستەمکاران تۆڵە دەسێنین. جێگەی ئیسراحەتیان ناوی ئاگری دۆزەخەو سێبەریان دوکەڵی سوتانی دۆزەخیانە، ئینجا ﷻ باسی پاداشتی چاکان دەکاتو دەفەرموێ:

(٤٢) ئەوسا ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە . کە ئێمە داوا لە هیچ نەفسێك ناکەین مەگەر بەگوێرەی توانای خۆی . ئائەوانە ڕەفیقی دەستەملی بەهەشتن کەبۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە.

(٤٣) خۆ ئێمە هەرچی ڕقو کینەیەکیان هەبوە لە یەکتر لامان بردوە ، لەناوبەهەشتدا چەندین روبار هەمیشە دەڕواتو دەڵێن: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئێمەی هیدایەت داوە بۆ ئەم شوێنە باشەو ئەگەر ﷻ ڕێنمایی ئێمەی نەکردایە بەراستی ئێمە نەمان دەتوانی ڕێگای هیدایەت بگرینو نەدەگەیشتین بەم نیعمەتە گەورانە،

بەڵێ، بەراستی باوڕداری ڕاست هەمو چاکەیەکی خۆی هەر لە خواوە دەزانێ. هەروەك چۆن موسڵمانان لە دنیادا ڕێنمای کراون لە پاش نوێژەکانیان بڵێن: (استغفرالله) هەروەها لە پاش حەج چونکە بەم وشەیە ئەوە دەگەیەنێ کەمن ئەم ئیشەم بەوشێوەی کە پەسەندو چاكو لایق بەمەقامی زاتی ﷻ بێت ئەنجام نەداوە لەبەر ئەوە پێشەکی داوای لێ بوردنی لێ دەکەم، ئینجا داوای وەرگرتن ئەگەر چی لە پاش چونە ناوبەهەشتەوە خوای میهرەبان دەفەرموێ: بەبۆنەی کردارەکانی خۆتانەوەیە بەڵام ئەوانە سۆزو میهرەبانی خوای خۆیان لەبیر ناچێتەوەو دەڵێن: ئەگەر هیدایەتی خوا نەبوایە ئێمە ڕێگای ڕاستمان چۆن دەدۆزییەوەو ئەگەر بەبۆنەی پێغەمبەری خواوەﷺ نەبوایە چاكو خراپەمان چۆن جیا دەکردەوە تا بەم جێگا بەنرخە بگەشتینایە؟ ئینجا دەڵێن: بەراستی پێغەمبەرانی پەروەردگارمان هەمویان بەبەڵگەی ڕاستو ڕێکەوە هاتنەلامان، وەئەوان لەوێ بانگ دەکرێنو پێیان دەوترێت: ئائەوە ئەی باوەڕداران بەهەشتەو بەکەلەپور بەئێوە دراوەو هەر یەکەتان بەگوێرەی کرداری خۆی جێگای پێدراوە. پێشەوای مەزنمان ﷺ دەفەرموێ: { يُنَادِي مُنَادٍ إِنَّ لَكُمْ أَنْ تَصِحُّوا فَلَا تَسْقَمُوا أَبَدًا وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَحْيَوْا فَلَا تَمُوتُوا أَبَدًا وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَشِبُّوا فَلَا تَهْرَمُوا أَبَدًا وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَنْعَمُوا فَلَا تَبْأَسُوا أَبَدًا فَذَلِكَ قَوْلُهُ عَزَّ وَجَلَّ ﴿وَنُودُوٓا۟ أَن تِلْكُمُ ٱلْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾﴾ /مسلم/ بانگ کەرێك با نگدەکات کە بێگومان ئیتر بۆئێوە ساغو سەلامەتیو تەندروستیە ئەوسا هەرگیز نخۆش ناکەون، وە بێگومان بۆ ئێوە زیندەگییەو هەرگیز نامرن، وە بێگومان ئیتر ئێوە هەر گەنج دەبنو هەرگیز پیرنابن، وە ئیتر ئێوە لەناو نازو نیعمەتدا دەبنو هەرگیز ناکەونە ناخۆشیەوە ئەوەیە فەرمودەی خوای بەدەسەڵاتو بەشکۆ: ئەوە ئەو بەهەشتەیە کەبە میرات پێماندراون بەهۆی ئەوکردارانەی کە کردوتانە}

ئەوەی ڕاستی بێ کەس بەکردەوەی خۆی شایەنی بەهەسشت نیە بەڵام کاتێ خوا بەسۆزو میهرەبانی خۆی خستیە بەهەشتەوە چونکە باوەڕدار بووەو هاوەڵی بۆ خوا دانەناوە ئینجا لە بەهەشتا هەرکەس بەگوێرەی کردەوەی خۆی کە چەند بەرامبەرکراوەتەوە بۆی پلەی پێ دەدرێت ئەوەتە پێشەوای مەزنمان ﷺ ئەم ڕاستیە باس دەکاتو دەفەرموێ:

{وَاعْلَمُوا أَنْ لَنْ يُدْخِلَ أَحَدَكُمْ عَمَلُهُ الْجَنَّةَ وَأَنَّ أَحَبَّ الْأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ أَدْوَمُهَا وَإِنْ قَلَّ /متفق عليه/ بزانن بەراستی هیچکام لە ئێوە کردەوەکەی نایباتە بەهەشتەوە، وتیان: تۆیش ئەی پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: بەڵێ، منیش بەلأم خوا بەسۆزو فەزڵی خۆی منی داپۆشیوە . وەبزانن کە خۆشترین کردار لەلا ﷻ ئەوەیە کە بەدەوام بێت باکەمیش بێت}

جا وەکو باسی چونە دۆزەخی بێ باوەڕان‌و چونە بەهەشتی باوەڕدارانی کرد لێرەدا گفتوگۆیەکی ئەو دوو کۆمەڵەمان بۆتۆماردەکات‌و وەکو وێنەیەکی رابوردو وەبەرچاومان دەخات‌و دەفەرموێ:

(٤٤) پیاوانی بەهەشت بانگ دەکەنە پیاوانی دۆزەخی‌و دەڵێن بەراستی ئێمە ئەو بەڵێنەی پەروەردگارمان کە بەهەشت بوو دەستمان کەوت جا ئایا ئێوەش ئەو هەڕەشەی خوای خۆتان کە دۆزەخ بوو دەستتان نەکەوتەوە؟ دەڵێن بەڵێ، راست بوو کەوتینە ناوقۆرتی بەدبەختیەوە ئینجا بانگ کەرێك لەوێدا لە ناو هەموو خەڵکدا بانگ دەکات‌و دەڵێت: ئەی لەعنەتی خوا لە ستەم کاران. جا ستەم کارانمان بۆرۆشن دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(٤٥) ئەوکەسانەن کە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی ڕێبازی ﷻ دەگرن‌و ئەو ڕێبازەی خوا بەشێوەیەکی لار پیشان دەدەن‌و لەبەرچاوی خەڵك ناشیرینی دەکەن تا خەڵکی لێ بتارێنن وەك ئەمڕۆ ، کە بە چاوی خۆمان دەبینین‌و بەگوێ خۆمان دەیبیسین کە چی دەوترێت بەئایین‌و بەیاسا بەنرخەکانی ، بۆ نمونە،دەستی دز بەوهەمووەمەرجەی کە بۆی دانراوە ئەگەر ببڕێت تاوانە بەڵام لە ناو بەرمیلی بزماردا بەپانکە بسوڕێتەوە تا گۆشتی لە ئیسقانی جیادەکاتەوە یان شیشە لە دوایدا ووردبکرێت ، یان سەری بریندار بکرێت‌و مێرو بکەنە سەری ، یان سەگی هار بکرێتە لای تا بەکەیفی خۆی گیانی دەردەکات ودەیان رەفتاری شەرماوەری تری وا کەمرۆڤ شەرم دەکات لەنوسینی ، بەڵێ ، ئائەمانە چاکن‌و پارێزگاریە لەمافی مرۆڤـ ؟!! ئاشکرایە ئەمانە هەر خوا دەیان ناسێت‌و دەفەرموێ: وەئەوان بەرۆژی دوایی بێ باوەڕن. جا دەفەرموێ:

(٤٦) لە بەینی ئەمانیشا پەردەیەك هەیە ئەوە نەبێت کە ئاگری دۆزەخ بێتە سەرەوەو بەهەشتیان ئازاریان پێ بگات بەڵام ئەم پەردەیە ڕێگا لە بینین‌و قسەکردن ناگرێت جا ئەگەر کابرای بەهەشتی لە سەروی هەموو بەهەشتیانەوە بێت‌و دۆزەخیش لە خوارووی هەموو دۆزەخیانەوە بێت هەرکاتێك ویستیان قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن دەتوانن، کە ئەم شێوەیە لە جیهازەکانی ئەمڕۆ گەلێك پێشکەوت‌و ترە چونکە لەو رۆژەدا هەموو کەسێك دەتوانێ قسە لەگەڵ ئەوی ترا بکات‌و دەیبینێ‌و وەڵامی راستەوخۆش وەردەگرێتەوە وەك لەم داستانەداو لە ئایەتی (٥٤تا٥٧الصافات) تۆمار کراوە.

ئینجا خوا دەفەرموێ: لەسەر ئەعراف کە شوێنێکە لە نێوان بەهەشت‌و دۆزەخ دا پیاوانێك لەوێدان کە لەسەر تاوان راگیر کراون، هەندێك دەڵێن: ئەوانە چاکەو خراپەیان وەك یەکە بۆیە لە وێدا ماونەتەوە کە ئەو پیاوانە بەرواڵەت هەردوولا واتە بەهەشتی و دۆزەخیەکان دەناسن، وە بانگی ئەهلی بەهەشت دەکەن‌و دەڵێن: سەلامتان لێ بێ، ئێوە چونەتە بەهەشتەوەو لە هەمو ناخۆشیەکان رزگارتان بو، ئەم ئەهلی ئەعرافە تائیستا نەچونەتە بەهەشتەوەو بەتەمان کە بچنە ناویەوە. ئەم کۆمەڵەی ئەعرافیش لەوێدا دەمێننەوە تا خوا بەگەورەی خۆی چاوپۆشیان لێ دەکات ئینجا دەچنە بەهەشتەوە.

(٤٧) ئەوسا هەرکاتێك روویان بەرەولای دۆزەخیان بسوڕێنرێت‌و چاویان بەوەزعیان بکەوێت دەڵێن: پەروەردگارمان هەرگیز لە ریزی ستەمکاراندا حیسابمان مەکە.

(٤٨) جا ئەو تاقمەی ئەعراف بانگ دەکەنە پیاوانێك کە بەرواڵەت دەیان ناسن لەناو دۆزەخداو دەڵێن: هیچ سودی پێ نەدان زۆری ژمارەو هێزو دەسەڵات‌و ئەولوتبەرزی‌و خۆبەگەورە زانینەتان. جا هەردووچاری سزای پاشەرۆژوو تۆڵەی خودا بوون‌و دەڵێن:

(٤٩) ئایا ئەوە ئەوانە نەبوون کە ئێوە سوێندتان دەخوارد کە ناگەن بەرەحمەتی ﷻ؟ مەبەستیان باوەڕدارانێکە کە بێ باوەڕان لە دنیادا گاڵتەیان پێ دەکردن. دەی خۆ بەئەوان وترا: بچنە بەهەشتەوە ، هیچ ترسێك بۆ ئێوەنیەو لەمەولاش هیچ خەفەتێکیش ناخۆن. ئەمە گفتوگۆی تاقمی ئەعراف بو لەگەڵ دۆزەخیەکاندا ئاشکرایە کە ئەوان بێجگە لە دان پێدا نان هیچ وەڵامێکیان نیە. ئینجا

(٥٠) دۆزەخیەکان بانگ دەکەنە بەهەشتیەکان چ خزم‌و کەس‌و کاریانن کە دەیان ناسنەوە لە بەهەشتدا یان تێکڕای بەهەشتیان بێ داوایان لێ دەکەن‌و دەڵێن: هەندێك لە ئاو بڕژێنن بەسەرماندا بەلکوکەمێك تینومان بشکێت‌و تۆزێك فێنك

وَلَقَدۡ جِئۡنَٰهُم بِكِتَٰبٖ فَصَّلۡنَٰهُ عَلَىٰ عِلۡمٍ هُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ
يُؤۡمِنُونَ ﴿٥٢﴾ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأۡوِيلَهُۥۚ يَوۡمَ يَأۡتِي تَأۡوِيلُهُۥ يَقُولُ
ٱلَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبۡلُ قَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلۡحَقِّ فَهَل لَّنَا
مِن شُفَعَآءَ فَيَشۡفَعُواْ لَنَآ أَوۡ نُرَدُّ فَنَعۡمَلَ غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ
قَدۡ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ﴿٥٣﴾
إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ
أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا
وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۭ بِأَمۡرِهِۦٓۗ أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ
وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا
وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿٥٥﴾ وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي
ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَا وَٱدۡعُوهُ خَوۡفٗا وَطَمَعًاۚ إِنَّ رَحۡمَتَ
ٱللَّهِ قَرِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٥٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي يُرۡسِلُ
ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتۡ سَحَابٗا
ثِقَالٗا سُقۡنَٰهُ لِبَلَدٖ مَّيِّتٖ فَأَنزَلۡنَا بِهِ ٱلۡمَآءَ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ مِن كُلِّ
ٱلثَّمَرَٰتِۚ كَذَٰلِكَ نُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴿٥٧﴾

ببینەوە یان هەندێك لەو خواردنەی كە خوا پێی داون واتە داوای ئاو خواردنیان لێ دەكەن ئەوانیش وەڵامیان دەدەنەوەو دەڵێن: بەبێگومان كە خوا خواردنو خواردنەوەی بەهەشتی قەدەغەكردوە لە كافران

﴿٥١﴾ ئەو كافرانە كە دینەكەی خۆیان كەبەرنامەی ئیسلام بوو بەگاڵتەو گەمە گرتبویان و زۆر بەسوكی تەماشایان دەكردو ژیانی دنیا مەستو مەغروری كردبوون دەی وا ئێمەش ئەمڕۆ ئێوە لەبیری خۆمان دەبەینەوە هەروەك چۆن ئەوان لە دنیادا یەكەم: گەیشتن بەم رۆژەی خۆیانیان لە بیر خۆیان بردەوەو گوێیان پێ نەدا با هەر لە ناوئەو سزاو عەزابەدا بمێننەوە دووهەم: بە هۆنەی ئەوەی كە ئینكاری نیشانەكانی ئێمەیان دەكرد . جا ئەمڕۆ ئاوایان لەگەڵدا دەكرێت، هەروەكو لە فەرمودەی پێغەمبەرماندا ﷺ هاتووە كە خوای گەورە لە دوا رۆژدا بەبەندەی خۆی دەڵێ: { أَيْ فُلْ أَلَمْ أُكْرِمْكَ وَأُسَوِّدْكَ وَأُزَوِّجْكَ وَأُسَخِّرْ لَكَ الْخَيْلَ وَالْإِبِلَ وَأَذَرْكَ تَرْأَسُ وَتَرْبَعُ فَيَقُولُ بَلَى قَالَ فَيَقُولُ أَفَظَنَنْتَ أَنَّكَ مُلَاقِيَّ فَيَقُولُ لَا فَيَقُولُ فَإِنِّي أَنْسَاكَ كَمَا نَسِيتَنِي/ مسلم/ واتە: ئایا من هاوسەرم پێ نەدایت؟ ئایا رێزم لێ نەگرتی؟ وەئایا چارەویو وشترم بۆ رام نەكردی ، وە تۆم كرد بەگەورەو پەیڕەویكراو؟ یەڕێ: بەڵێ، خوا دەفەرموێ: ئایا وات دەزانی دەگەیتەلام؟ دەڵێ: نەخێر. خوا دەفەرموێ: ئەمڕۆیش ئێمە تۆ لە بیر دەبەینەوە وەك چۆن تۆ ئێمەت لە بیربردەوە}

﴿٥٢﴾ بەراستی ئێمە كیتابێكی گەورەمان بۆهێنان كە ئەم قورئانە بوو جا هەموو شتێكمان رۆشنكردەوە لەسەرزانیاریو زانستیانە نەك هەڕەمەكی ، كە ئەو كیتابە رێنیشاندەرو سۆزو بەرەكەتی خوایە بۆ گەلێ كە باوەڕ دێنن. بەراستی ئەم قورئانە ، رێ پیشاندەروسۆزە بۆ هەمو كەسێك بەڵام چونكە تەنها باوەڕداران سودی لێ وەردەگرن وەك ئەوە وایە كە تەنها بۆئەوان هاتبێ بۆیە فەرموی: بۆگەلێ كە باوەڕدێنن. ئەمەبزانە بۆمانای ئەوئایەتانەی كەلەم شێوەیە دەچن ، ئینجا دەفەرموێ:

﴿٥٣﴾ بەراستی ئەوان هەرچاوەڕێی هاتنەدی ئەو شتەن كە لەوكتێبەدا پێیان وتراوە جا رۆژێك كە ئەوە بێتە دی ئەوكەسانەی كە لە پێشدا ئەوەیان لە بیر چوەتەوە كە پەیڕەوی ئەم قورئانە بكەن ئەو رۆژە دەڵێن: بەراستی پێغەمبەرانی پەروەردگارمان بەبەڵگەی حەقو راستەوە هاتن بەڵام ئێمە بەگوێمان نەكردن ، جا ئایا ئێستا شەفاعەت كەرێك هەیە شەفاعەتمان بۆ بكات تالەم سزایەرزگارمان بكات؟ یان ئێمە بگەڕێننەوە بۆ دنیا تاجۆرێكی تر رەفتاربكەین كە جیابێ لەو كردارەخراپانەی كە كردومانە؟ واتە لەوێ دان بەهەڵەی خۆیاندا دەنێنو دەزانن كە ئیشەكانیان خراپ بووە بەڵام چ سودێكی هەیە ئەو ئیعتراڤو دان پێدانانە؟ بەراستی ئەوان نەفسی خۆیان دۆڕاندوەو ون بوو لێیان ئەو درۆو كەڵەك بازیانەی كەلە دنیادا ئەنجامیان دەداو هیچ پەرستراوێكیان تكایان بۆ ناكات. پێویستە بزانین كە ئەم سورەتە مەكییانە بەزۆری داكۆكییان لەسەر سێ شتی سەرەكییە ، یەكەم: تەوحیدویەكتاپەرستی. دووهەم:رۆژی دوایی و زیندوبونەوە. سێهەم: پێغەمبەرایەتی(مبدأ، معاد، نبوه) وەدەیانەوێ ئەم سێ شتە لە مێشكی مرۆڤ دا جێگیربكەن چونكە بنچینەونەساسی ئاینن تا ئەم سێ شتە لە مرۆڤدا بەرێكوپێكی دانەمەزرێت هەرچییەك بكرێت بێسوودە ، جا هەر جارێك بەشێوەیەك باسیان دەكەن، جاوا جارێكی تر لە سەرەتاوە (مبدا) دەست پێ دەكاتو دەفەرموێ:

﴿٥٤﴾ بێگومان پەروەردگارتان (ﷲ) یە كە ئاسمانانو زەوی دروست كردوە لەشەش نۆبەتەدا ، بەڵێ، (یوم)ێ كە ئەمڕۆ ئێمە دەیناسین بریتیە لەوەی كە شەوو رۆژ دێت خۆ شەوو رۆژ

ئەوكاتە نەبووە جا دەگونجێ لە شەش كاتدا بێ كە هەركاتێ بەئەندازەی ئەمرۆژەی ئێمەبوبێت ، بەهەرحاڵ خوا ئەم ئاسمانانەو زەوی بەیەكجار دروست نەكرد . ئەگەرچی بۆ ئەویەكسانەوهیچ شتێك لەلای ئەوزاتە سەختنیە . تا مرۆڤ تێ بگەیەنێ كە كات پێویستەو ئیش بەپەلە نابێ، ئەگەر پشودان نەبێ لەكاریدا بۆی ناچێتە سەرو زووكۆتایی بەتەمەنی دێ. ئینجا دەفەرموێ: لەپاشا خوای گەورە سەركەوت بۆ سەر عەرش بەو شێوەی كە خۆی دەیزانێتو ئێمە چۆنیەتەكەی نازانین وەكو ئیمامی مالك دەفەرموێ:(سەركەوتن شتێكی دیارییە چۆنیەتیەكەی نەزانراوەو باوەڕبوون بەو شتە پێویستەو پرسیاركردن لەوبارەوە داهێنراو(بدعه)یە، ئێمەش هەربەو شێوەیە كە هاتوە بێ لێكۆڵینەوەلێی باوەڕمان پێی هەیە. شەو رۆژ دادەپوشێ هەریەكەیان بەپەلە رادەكات بەشوێنی ئەوی ترداو رۆژو مانگو ئەستێرەكان ئەمانە هەمویان گەردن كەچنوكاری خۆیان بە فرمانی ئەودەبەن بەرێوە چۆنی بۆ داناون هەریەكەیان بەوشێوەیە لە شوێنی خۆیدا ئیش دەكات دەی ئاگاداربن مادام هەر خوایە دروست كەری زەویو ئاسمانەكانو شەوو رۆژ دەگۆڕێتو خۆرو مانگو ئەستێرەكان هەمویان گەردن كەچن بۆیو لەو ئیشانەدا هیچ هاوبەشێكی نیە ، دەی دەبێ هەروەهابێ لە بڕیارو فەرمانەكانیدا واتە :ئەگەر باوەڕتان بەخالقیەتی خوا هەیە هەردەبێ ئاوایش باوەڕتان بەفرمانەكانی ببێ جاهەروەك لە دروست كردندا هاوبەشی نیە نابێ لەیاساو بەرنامەی ژیانی خەڵكدا كەسێكی تر بكرێت بەهاوبەشو شەریكی، ئابەم شێوەیە یاسا دەست كردەكان قەدەغەدەكات چونكە بڕیارو یاسایەكن لە بەرانبەر بڕیارو یاسای خودادا، ئینجا دەفەرموێ: خێرو بەرەكەتی زۆرە پەروەردگاری عالەم. ئەوسا دەفەرموێ:

(٥٥) هاواربكەنە پەروەردگارتان بەگەردن كەچیوبە هێواشیەوە بێگومان ئەوزاتە بێ بەندو باروتەجاوەزكارانی خۆش ناوێت. تەنانەت لەدوعاو پاڕانەوەشدا زیاد لە سنور شتێكی خراپەو خوا پێی خۆش نیە ، چ بپاڕێتەوەو داوای پلەی پێغەمبەران بكات یان داوای بچڕانی خوێشاوەندی بكات، پێغەمبەرمانﷺ فەرمویەتی:{ إِنَّهُ سَيَكُونُ قَوْمٌ يَعْتَدُونَ فِي الدُّعَاءِ وَقَرَأَ هَذِهِ الْآيَةَ ادْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ. / احمد وابو داود، حسنه الالبانی/ بەراستی بەم زوانە گەلێك دەبێ كەلەپاڕانەوەدا لە سنور تێ دەپەڕێت. وەئەم ئایەتەی خوێندەوە(ادْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا...)

(٥٦) ئەوسا خراپەنەكەن لەسەر زەویدا پاش ئەوەی كە بارودۆخی زەوی سەقامگیروچاكەو هاواربكەنە خوداو بە ترسو بە تەماعەوە بیپەرستن ، بترسن كە لێتان خۆش نەبێتو تەمایشتان هەبێ كە لێتان خۆش ببێت. واتەمرۆڤی موسڵمان نابێ ئەمین بێت لە مەكری خوداو ئایندەی خۆیو نابێت نائومێدیش بێت لە سۆزی خودا. وەك ئیمامی عومەر ﷺ دەڵێ: ئەگەر لە ئاسمانەوە دەنگێ بێتو بڵێ: هەمو كەس دەچنە بەهەشتەوە بێجگە لە یەك كەس من دەترسم ئەوكەسە بم، وەئەگەر بڵێت: هەمو كەس دەچێتە جهەنم بێجگە لەیەك كەس من ئومێدەكەم ئەوكەسە من بم. واتە باوەڕدارهەمیشە لە نێوان ترسو ئومێددایە بە بێگومان سۆزی ﷲ نزیكە لە چاكەكارانەوە ئەوانەی پەیڕەوی فەرمانەكانی دەكەنو دوور دەكەونەوە لە تاوانو سەرپێچیو هەمیشە خوای خۆیانیان لەبەر چاوە. ئینجا خوای گەورە نیعمەتێكی تری خۆیمان پیشان دەداتو دەفەرموێ:

(٥٧) خوا ئەو زاتەیە كە با دەنێرێت كەئەو بایە موژدە دەرە پێش هاتنی رەحمەتی ئەوزاتە كەبارانە ، هەتا ئەوكاتەی كەئەو بایە هەوری قورس بەهۆی زۆری ئاوەوە هەڵدەگرێت كە پاڵی پێوەدەنێن بۆ شارێكی مردوی وشكی بێ گژوگیا كە پێویستی بەو ئاوە هەیە ئەوسا ئێمە بەهۆی ئەو هەورەوە ئاو رەوانە دەكەین بۆ ئەوشارە جا بەهۆی ئەو ئاوەوە لەهەموو جۆرە بەروبومێك دەردەهێنین ، هەرئاوەها مردویش زیندوو دەكەینەوە . واتە كەسێ كە توانای هەڵگرتنی ئەو ئاوەزۆرەی هەبێو نایەڵێ بڕژێت تا جێگای مەبەست لەوێش ئەو زەویە وشكە ئاوبداتو ئەو هەموشینایو گیایە سەوزبكات بۆناتوانێ مردو زیندو بكاتەوەو چ شتێك هەیە كەرێگای بگرێت؟ بۆیە دەفەرموێ: بەڵكو ئێوەش بیر بكەنەوە كە چۆن بەو بارانە ئەو هەموو زەوییە زیندو دەكەینەوە. بەراستی مەسەلەی باران شتێكی زۆر عەجیبو سەر سوڕهێنەرە هەر لە هەڵگرتنی ئەو ئاوە لەو بەرزاییەداو پاڵ نانیو ناردنە خوارەوەی بەشێوەی دانەدانە ! ئەو ئاوە بۆ نارژێت یان كاتی رژان كێ وا ووردووردی دەكات؟ چونكە ئەگەر بەیەكجار بێتەخوارەوە نەك سودی نابێت بەڵكو ئەوناوەچەیە وێران دەكات. بەراستی سەرپەرستو دروستكاری زاناو بەئاگاو خاوەن دەسەڵاتە (العليم الخبيرالقدير).

وَٱلْبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذْنِ رَبِّهِۦ ۖ وَٱلَّذِى خَبُثَ لَا يَخْرُجُ
إِلَّا نَكِدًا ۚ كَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ ﴿٥٨﴾
لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم
مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٥٩﴾
قَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٦٠﴾ قَالَ
يَٰقَوْمِ لَيْسَ بِى ضَلَٰلَةٌ وَلَٰكِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ
﴿٦١﴾ أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ
مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٢﴾ أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ
رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَلِتَتَّقُوا۟ وَلَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٦٣﴾ فَكَذَّبُوهُ
فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ فِى ٱلْفُلْكِ وَأَغْرَقْنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟
بِـَٔايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا عَمِينَ ﴿٦٤﴾ ۞ وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ
هُودًا ۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ
﴿٦٥﴾ قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى
سَفَاهَةٍ وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٦٦﴾ قَالَ يَٰقَوْمِ
لَيْسَ بِى سَفَاهَةٌ وَلَٰكِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٧﴾

(٥٨) شاری پاك گیایەكی جوان سەوز دەكات بەئیزنی خوا بەڵام شاری پیس بەروبومێكی پیسی دەبێت، مەبەست لێرەدا باوەڕدارو بێ باوەڕە، هەیە بەم قورئانە بەو پەڕی خۆش بەختی دەگات، وەهەیشە بەو پەڕی بەدبەختیو رۆژڕەشی دەگات ، یەكەمیان پەیڕەوی دەكاتو دووهەمیان دژایەتی، ئینجا دەفەرموێ: هەر ئاوەها ئێمە نیشانەكانی خۆمان دەگۆڕین بۆ گەلێك كە شوكرو سوپاسمان بكات. هەرلەم بارەوە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ:{ مَثَلُ مَا بَعَثَنِي اللَّهُ بِهِ مِنَ الْهُدَى وَالْعِلْمِ كَمَثَلِ الْغَيْثِ الْكَثِيرِ أَصَابَ أَرْضًا فَكَانَ مِنْهَا نَقِيَّةٌ قَبِلَتْ الْمَاءَ فَأَنْبَتَتْ الْكَلَأَ وَالْعُشْبَ الْكَثِيرَ وَكَانَتْ مِنْهَا أَجَادِبُ أَمْسَكَتْ الْمَاءَ فَنَفَعَ اللَّهُ بِهَا النَّاسَ فَشَرِبُوا وَسَقَوْا وَزَرَعُوا وَأَصَابَتْ مِنْهَا طَائِفَةً أُخْرَى إِنَّمَا هِيَ قِيعَانٌ لَا تُمْسِكُ مَاءً وَلَا تُنْبِتُ كَلَأً فَذَلِكَ مَثَلُ مَنْ فَقُهَ فِي دِينِ اللَّهِ وَنَفَعَهُ مَا بَعَثَنِي اللَّهُ بِهِ فَعَلِمَ وَعَلَّمَ وَمَثَلُ مَنْ لَمْ يَرْفَعْ بِذَلِكَ رَأْسًا وَلَمْ يَقْبَلْ هُدَى اللَّهِ الَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ /رواه الشيخان والنسائي/
واتە: وێنەی ئەو شتەی كەمنی بۆرەوانە كراوە لەڕێنمایو زانین وەكو بارانێكی زۆر وایە كە بدات لە زەوییەك جا ئەو زەوییە هەندێكی چاك بێو ئاوەكە وەرگرێتو لەوەڕو گیای زۆر سەوزبكات وەهەندێكیشی هەر ئاوەكە وەرگرێت خوا بەهۆی ئەوەوە سود بەخەڵك بگەیەنێت جا ئاوی لێی بخۆنەوەو شتی پێ ئاو بدەنو شتی پێ بڕوێنن وەهەندێكیشی دەشت بێو نەئاوهەڵگرێو نەگیایش سەوزبكات. یەكەمو دووهەمیان: وێنەی ئەوكەسەیە كە شارەزای ئاینی خودابێو سود لەوشتە وەرگرێت كە خوا منی بۆ رەوانە كردوە جا خۆی فێربوبێو خەڵكیشی فێركردبێت وەسێهەمیان: وێنەی ئەوكەسەیە كە هیچ سودێك وەرنەگرێتو سەری بەوە بەرزنەبێتەوەو ئەو ڕێنماییەی خوای وەرنەگرتبێ كە منی بۆرەوانە كراوە. ئینجا خوا باسی داستانی چەند پێغەمبەرمان بۆ دەكاتو دەفەرموێ:

(٥٩) بەراستی ئێمە نوحمان رەوانە كرد بۆ لای قەومەكەی ، نوح یەكەم پێغەمبەرە لەپاش ئادەم بۆ ئەهلی زەوی جا ئەویش بەگەلەكەی خۆی وت: ئەی گەلی من الله بپەرستن چونكەهیچ پەرستراوێكی راستەقینەی تر بێجگە لە ئەو بۆ ئێوە نیە، بەبێگومان من دەترسم ئەگەر ئێوە هەر لەسەر ئەو بەرنامە هەڵەیەی خۆتان بڕۆن كە دوچاری سزای رۆژێكی گەورە ببن كە رۆژی دواییە.

(٦٠) هەمیشە ئەوانەی باڵا دەستو سەرمایە دار بوون دژایەتی ئاینیان كردوە چونكە خۆیان بەپیاو ما قوڵ وەدەم راستی ئەو گەلە داناوەو ژیانیان لەسەر شانی ئەوان بووەو زانیویانە كە ئەگەر پەیڕەوی پێغەمبەر بكەن ئیتر ئەوان ئەوپلەیان نابێ بۆیە وتیان: بێگومان ئێمە تۆ دەبینین كە لە گومڕاهییەكی ئاشكرادای .

(٦١) ئەی گەلی من ، بەراستی من هیچ جۆرە گومڕاهیەكم پێوە نیەو سەرم لێ نەشێواوە بەڵام من نێرراوم لەلایەن پەروەردگاری جیهانەوە .

(٦٢) من پەیامەكانی پەروەردگاری خۆمتان پێ رادەگەیەنمو من ئامۆژگاری كەرێكی دڵسۆزم بۆتان، وەمن شتانێك لەلایەن خواوە دەزانم كە ئێوە نای زانن .

(٦٣) ئایا ئێوە سەرتان سوڕماوە لەو ئامۆژگاریەی كەلەلایەن پەروەدگارتانەوە هاتوەتەلای پیاوێك كەلە خۆتانە تا بتان ترسێنێ لە پاشەرۆژو لەتۆڵەی خوا لە خراپەكارو ستەمكارو تا ئێوەش خۆتان بپارێزن لە تاوانو هەڵە بۆئەوەی رەحمتان پێ بكرێتوپاشە رۆژێكی خۆشتان ببێت ، وەبۆ ئەوەی كە خوا بەزەیی بێتەوە پێتانداو لە هەردوو ژیان بەخۆشی بتان ژێنێ كە چی ئەوان لەباتی سوپاسو ڕێز لێ گرتن ،

(٦٤) ئەوسائەوان بەدرۆیان خستەوەوباوەڕیان پێ نەکرد جا ئێمەش خۆی و ئەو کەسانەیش کە لەگەڵیابوون لەناو کەشتیەکەدا رزگارمان کردن‌و ئەوانەی کە بێ باوەڕبون بە نیشانەکانی ئێمە لە دەریاداخنکاندنمان بێگومان کەئەوانە گەلێکی کوێربون‌و راستیان نەدەدی بەم شێوەیە خوا تۆڵەی لە تاوانباران سەندەوە بۆ دۆستەکانی، یەکەمیان لەناوچون‌و دوهەمیان رزگاربوون. ئینجا دەچێتە سەر داستانی هودو دەفەرموێ:

(٦٥) هەروەها رەوانەمان کرد بۆ گەلی عاد براکەیان کە هود ﷺ بوو. کەواتە دروستە لە جیهەتی ئینسانیەوە موسڵمان بە فەلە یان جوویەك بڵێت برا. وتی: ئەی گەلی خۆم خودا بپەرستن بەراستی بێجگە لەو خودایە هیچ پەرستراوێکی راستەقینەی تر نیەبۆئێوە، ئایا ئێوە ناترسن لە خواو بەخۆپاراستن لەو شتانەی کە دەبێتە هۆی رق‌و قینی ئەوزاتە؟

(٦٦) ئەوانەی کە ئەشرافی گەلەکەبوون وەڵامیان دایەوەو وتیان: بەبێگومان ئێمە تۆ دەبینین وای لە ناو سەفاهەتو بێ ئەقڵی داو بێشك کە ئێمە وا دەزانین تۆلە درۆزنانبیت. تەماشابکەن‌و بزانن پیاوی گەورەو ناوداری هەمو سەردەمێك چۆن بوون سەبارەت بە ئایین‌و پێغەمبەران ئەمڕۆیش‌و هەتا قیامەتیش هەروا دەبێ، ئینجا هود وەڵامی دانەوەو

(٦٧) وتی: ئەی گەلی من والله ی من بێ عەقڵ نیم‌و ئەم قسانە لە خۆمەوە ناکەم بەڵام بەراستی بزانن کەمن نێرراوم لەلایەن پەروەردگاری جیهانەوە

(٦٨) کە من پەیامەکانی پەروەردگارم بەئێوە دەگەیەنم‌و من بۆ ئێوە ئامۆژگاری کەرێکی ئەمین‌و دەست‌و دەمپاکم. ئینجا دەفەرموێ:

(٦٩) ئایا ئێوەسەرتان سورماوە لەو ئامۆژگاریەی کەلەلایەن پەروەدگارتانەوە هاتوەتەلای پیاوێك کەلە خۆتانە تا بتان ترسێنێ لە پاشەرۆژو لەتۆڵەی خوا لە خراپەکارو ستەمکار ، وە بیر بکەنەوە لەوکاتەی کە خوای گەورە ئێوەی کرد بەجێنشینی گەلی نوح کەئەوانی خنکاندو ئێوەی دانا لەسەر زەوی‌و خوا بە ئێوەی لەوان زیاتر بەخشیوە لەلایەن بەژن‌و باڵاو هێزو دەسەڵاتەوە دەی بیر بکەنەوە لە نیعمەتەکانی خوا بەلکو ئێوەش رزگار ببن .

أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى وَأَنَا۠ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴿٦٨﴾ أَوَعَجِبْتُمْ
أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ
وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ
فِى ٱلْخَلْقِ بَصْۜطَةً فَٱذْكُرُوٓا۟ ءَالَآءَ ٱللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ
﴿٦٩﴾ قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ ٱللَّهَ وَحْدَهُۥ وَنَذَرَ مَا كَانَ
يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ
﴿٧٠﴾ قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ
أَتُجَٰدِلُونَنِى فِىٓ أَسْمَآءٍ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم
مَّا نَزَّلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ فَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ
ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴿٧١﴾ فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا
وَقَطَعْنَا دَابِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَمَا كَانُوا۟ مُؤْمِنِينَ
﴿٧٢﴾ وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ
مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن
رَّبِّكُمْ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ
فِىٓ أَرْضِ ٱللَّهِ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٣﴾

(٧٠) وتیان: ئایا تۆ هاتویت بۆلای ئێمە کە ﷲ بەتەنهای بپەرستین‌و واز بێنین لەو هەمو خوایانەی کەباب‌و باپیرانمان پەرستویانە؟ بەداخەوە ئەمڕۆیش بەهەمان شێوە دژایەتی خواو ئاینی دەکرێت کاتێ پێیان دەوترێت: تەنها هاوار لەخوا بکەن‌و تەنها ئەو بەجێگای ئومێد بزانن گورج پەلەمار دێنن‌و دەڵێن: تۆ باب‌و باپیرانی ئێمە سوك دەکەیت، کاتی خۆی ئەوان هاواریان دەکردە فلان‌و فیسارو ئێمەش وازی لێ ناهێنین. هەروەکو لێرەدا بەهودیان وت. دەی ئەگەر راست دەکەیت بیهێنە بۆمان ئەوەی کەهەڕەشەمانی پێ دەکەیت واتە دەی با سزامان بۆ بێت ئەگەر لە راستگۆیانی .

(٧١) وتی: بەراستی ئیتر بەبۆنەی ئەو ئیشەی خۆتانەوە غەزەب وسزا لەلایەن پەروەردگارتانەوە مسۆگەر بووە بۆتان ئایا ئێوە لەبارەی ناوانێکەوە کە خۆتان‌و باو باپیرانتان داتان ناوە دەمەدەمە لەگەڵ مندا دەکەن؟ من هیچ باکم نیە چونکەخوا لەو بارەوە هیچ بەڵگەیەکی رەوانە نەکردوە جائێوە چاوەڕێی بکەن بێگومان منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕێی دەکەم تاکو ئەو عەزابە دێت. دیارە سزایان بۆ هات

وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ جَعَلَكُمۡ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعۡدِ عَادٖ وَبَوَّأَكُمۡ
فِي ٱلۡأَرۡضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورٗا وَتَنۡحِتُونَ
ٱلۡجِبَالَ بُيُوتٗاۖ فَٱذۡكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ
مُفۡسِدِينَ ﴿٧٤﴾ قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ مِن
قَوۡمِهِۦ لِلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِمَنۡ ءَامَنَ مِنۡهُمۡ أَتَعۡلَمُونَ
أَنَّ صَٰلِحٗا مُّرۡسَلٞ مِّن رَّبِّهِۦۚ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلَ بِهِۦ
مُؤۡمِنُونَ ﴿٧٥﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا بِٱلَّذِيٓ
ءَامَنتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٧٦﴾ فَعَقَرُواْ ٱلنَّاقَةَ وَعَتَوۡاْ عَنۡ
أَمۡرِ رَبِّهِمۡ وَقَالُواْ يَٰصَٰلِحُ ٱئۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ
ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٧٧﴾ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دَارِهِمۡ
جَٰثِمِينَ ﴿٧٨﴾ فَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ وَقَالَ يَٰقَوۡمِ لَقَدۡ أَبۡلَغۡتُكُمۡ
رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحۡتُ لَكُمۡ وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ
﴿٧٩﴾ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ أَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم
بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ
شَهۡوَةٗ مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِۚ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ مُّسۡرِفُونَ ﴿٨١﴾

(٧٢) جا ئێمه خۆیو ئەوکەسانەی لەگەڵ ئەودابوون بەهۆی سۆزو ڕەحمەتی خۆمانەوە ڕزگارمان کردنو ئێمە هیچمان نەهێشتەوە لەو کەسانەی کەبێ باوەڕبوون بە نیشانەکانی ئێمەو ئەوان باوەڕیان نەهێنابو، بەڵێ، ئابەو شێوەیە خوا هودو پەیڕەوانی ڕزگارکردو بێ باوەڕانی لە ڕیشە دەرهێناو خەڵکی ئەو سەردەمە هاتنە جێیانو بەڵێنی خوایان دیو ئێمەش وابیستمانو بۆ کەسیش بەهانەنەماوە لەم بارەوەو تاقی کردنەوەش بەردەوامە. ئینجا خوا دەچێتە سەر داستانی پێغەمەر ساڵح ﷺو دەفەرموێ:

(٧٣) وەناردمان بۆ گەلی سەمود براکەیان کەساڵح بوو وتی: ئەی گەلی من خوا بپەرستن بێجگە لەو خوایە هیچ پەرستراوێکی تری بەحەق نیە بەراستی لەسەر ڕاستی من بەڵگەیەکی ڕونو ئاشکراتان لەلایەن خوای خۆتانەوە بۆ هاتوە کە ئەم وشترەیە کە خوا لەسەرداخوازی خۆتان پێی دان کەنیشانەیەکی گەورەیە بۆ ئێوە تا باوەڕبهێنن ئەوسا وازی لێ بێنن با بلەوەڕێت لەزەوەیەکەی خواداو هەرگیز دەست درێژنەکەنە سەری چونکە بەراستی ئەگەر دەست درێژی بکەنە سەری سزایەکی سەخت دەتان گرێت. ئەڵێن: کە گەلی سەمود بەقسەی ساڵح باوەڕیان نەکردو داوایان لێکرد ئەگەر ڕاست دەکەیتو پێغەمبەری خوایت بالەو بەردە وشترێك بێتەدەرەوە ساڵحیش داوای لە خوا کردو خوایش لەو بەردەی کە دیاریان کردبو وشترێکی بۆ هێنانە دەر ساڵح وتی: ئاگاتان لەو وشترە بێو دەست درێژی نەکەنە سەرو وازی لێ بهێنن با بۆ خۆی بلەوەڕێتو

(٧٤) بیر بکەنەو کە ﷲ ئێوەی کرد بەجێنشین لە پاش گەلی عادو جێگیری کردن لەسەر زەویدا کەئێوەلە ناو شوێنە دەشتاییەکاندا قەسرتان دروست دەکرد بۆ هاوینانو چیاکانیشتان دەکۆڵیو دەتانکرد بەئەشکەوتو ماڵی خۆتان لە زستاندا ، دەی بیر بکەنەوە لەوهەموو نیعمەتانەی ﷲ و هەرواخراپەکارانە خراپە بڵاو نە کەنەوە بەسەر زەویدا.

(٧٥) ئەوانەی کە ئەشرافو سەرمایەدارای گەلەکەی بون وخۆیان بەدەم ڕاسو بەگەورە دەزانی وتیان: بەوکەسانەی کە لەدەست خرابوونولاوازکرابون کەباوەڕیان هێنابو لەناو ئەوگەلەدا ئایا ئێوە پێتان وایە کە ساڵح پێغەمبەری خوایەو لە ئێمە ژیرترو چاکتر دەزانن؟ وتیان بەڵێ، باوەڕمان هەیە بەوەی کە ئەوی پێ ڕەوانەکراوەو پێمان ڕاستە.

(٧٦) بەڵام ئەوانەی کە خۆیان بەگەورە دەزانی وتیان: ئێمە بەوەی کە ئێوە باوەڕتان پێ هێناوە بێ باوەڕین. هەربەوەش نەوەستان بەڵکو

(٧٧) ئەوسا وشترەکەیان سەربڕیو دەرچون لە فرمانی خوای خۆیانو دەستیان کرد بەتانەو تەشەردان لە ساڵحو وتیان: ئەی ساڵح ئەو وەعدەی کە پێت داوین کە ئەگەر وشترەکە بکوژین سزامان بۆ دێت بابێت ئەگەر ڕاست دەکەیو یەکێکیت لە پێغەمبەران؟ جا خوا دەفەرموێ:

(٧٨) جاهەر بەدوای ئەو تاوانە گەورەی کە کردیان دەنگێکی توند گرتنی هەمویان لە ناو ماڵی خۆیاندا کەوتنو مردن. ئەو گەلەش ئاوا لەبەین چوونونەمان دەڵێن: ئەوەی کە وشترەکەی کوشت ناوی(قەیداری کوڕی سالیف)بو پاش کوشتنی وشترەکە تەنها سێ ڕۆژ ماوەدرانو ئەو دوژمنانەی ساڵح نۆ دەستە بوون بەڵام هەمویان بۆ دژایەتی ئایین یەك قسەبوون تائەو تاوانەیان کردو خوا تۆڵەی لێ وەرگرتنو لە ناوی بردن بەیەك دەنگ.

(٧٩) پێغەمبەران هەرئاوەها دڵسۆزن ئەوەتە کاتێ کەگەلەکەی دوچاری ئەو سزایە بوون نەهات شادیو حەفلە بکات بەڵکو

پشتی تێ کردن‌و وتی: ئەی گەلی من بەراستی من پەیامەکەی پەروەردگاری خۆمم پێ گەیاندن‌و ئامۆژگاریم کردن‌و ئێوەم ترساند لە رۆژێکی ئاوەها بەڵام ئێوە ئینسانی ئامۆژگاری کەرتان خۆش ناوێت. بەداخەوە زۆربەی خەڵك ئاوەهان‌و هەربەتاوانەوە سەرگەرمن‌و دژایەتی خواوئایین دەکەن تا خۆیان‌و خەڵکیش لەناو دەبەن. ئینجا خوای گەورە داستانی لوتمان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(٨٠) کاتێ کە لوت بەگەلەکەی وت: ئایا ئێوە تاوانێك دەکەن کە هیچ کەس لە پێش ئێوەدا ئەوتاوانەی نەکردوە؟

(٨١) بێگومان ئێوە رابواردنی خۆتان لەگەڵ پیاواندا دەکەن‌و واز لە ژنانی حەڵاڵی خۆتان دێنن بەراستی ئێوە گەلێکی لە سنور دەرچوو زیادەڕەون.

لوت کوڕی هارانی کوڕی ئازەرەو برازای ئیبراهیم پێغەمبەر بووە کە باوەڕی بە ئیبراهیم هێناو لەگەڵ ئەودا کۆچی کردوە بۆشام ئینجا خوا کردی بە پێغەمبەری خەڵکی (سەدم)و دەوروبەری، ئەویش بانگی کردن بۆ خوا پەرستی‌و واز هێنان لە تاوان‌و خراپەکاری بەتایبەت نێربازی کەتا سەردەمی ئەوان هیچ کەس لەنەوەی ئادەم ئەوکارە پیسەی نەکردبو ئەوان دایان هێنا- نەفرینی خوایان لێ بێ- لوت هەربەردەوام بوو لەسەر فرمان بەچاکەو بەرگری لەخراپە بەڵام ،

(٨٢) وەڵامی گەلەکەی بێجگەلەوەی کەدەیان وت: دەریان بکەن لە وڵاتەکەی خۆتاندا ، چونکە ئەوان پیاوانێکن خۆیان بەپاکی رادەگرن‌و نایانەوێ کە خۆیان پیس بکەن بەو تاوانە، ئەگەر چی ئەمە قسەیەکی راستەو خوا بەدەمی ئەواندا هێناوێتی بەڵام مەبەستیان تانەو تەشەر لێدان بووە لە لوت‌و لە پەیڕەویانی.

بەڵێ، دنیایی ئەمرۆیش ئەو تاوانە بە شتێکی سادە دەزانن‌و یاسا دەست کردەکان ماوەی پێ دەدەن‌و وەك ئافرەت پیاو لە پیاو مارە دەکەن کەلە راستیدا ئەمە بێجگە لەوەی کە تاوانە پێشێل کردنی مافی ئافرەتیشە بەڵام دەهۆڵ کوتانی مافی ئافرەت ، چونکە مرۆڤانی هەوەسبازو بێ باوەڕن لەم بارەوە دەنگیان لەدەم دەرنایە بەڵام لەسەر چادرو سەرپۆش کە مایەی رێزو پاراستنی ئافرەتە دنیایان پڕ لە هەیاو هو کردوە، وتراوە ڤالۆنچە لە بۆنی خۆش رادەکات. بەڵێ، ئەو گەلەی لوت هیچ گوێیان بە ئامۆژگاریەکانی لوت نەداو بەردەوام بوون لەسەر

وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَخْرِجُوهُم مِّن
قَرْيَتِكُمْۖ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ (٨٢) فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ
إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ (٨٣) وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم
مَّطَرًاۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُجْرِمِينَ (٨٤)
وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًاۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ
مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥۖ قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن
رَّبِّكُمْۖ فَأَوْفُواْ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ وَلَا تَبْخَسُواْ
ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ وَلَا تُفْسِدُواْ فِى ٱلْأَرْضِ بَعْدَ
إِصْلَٰحِهَاۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ
(٨٥) وَلَا تَقْعُدُواْ بِكُلِّ صِرَٰطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ
عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِهِۦ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًاۚ
وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ كُنتُمْ قَلِيلًا فَكَثَّرَكُمْۖ وَٱنظُرُواْ
كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ (٨٦) وَإِن كَانَ طَآئِفَةٌ
مِّنكُمْ ءَامَنُواْ بِٱلَّذِىٓ أُرْسِلْتُ بِهِۦ وَطَآئِفَةٌ لَّمْ يُؤْمِنُواْ
فَٱصْبِرُواْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ بَيْنَنَاۚ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ (٨٧)

تاوان‌و ئیشی پیس سەر ئەنجام سزایان بۆهات وەك خوای گەورە دەفەرمەێ

(٨٣) ئینجاخۆی‌و ئەهلەکەیمان رزگارکرد جگە لەخێزانەکەی کەئەویش لەئەوان بوو کەوتە بەر سزای خودا.

(٨٤) وەئێمە بەردبارانمان کردن دەی تەماشا بکەو بزانە چۆن بوو ناکامی ئەو تاوان بارو موجریمانە. جا ئەم موجریمانە سێ شتیان بەسەر هات یەکەم: دەنگێکی توند لێیدان. دوهەم: بەرد باران کران. سێهەم : گوندە کانیان بە خۆیان‌و دانیشتوانیانەوە سەروبن کران. لێرەدا دەرکەوت کە حیساب شەخسیەو لوت کە پێغەمبەرە مادام خێزانەکەی کە باوەڕدار نەبووە لە سزای خوا رزگار نابێ جا با کەس بەکەس‌و کاردا نەنازێ بۆ پاشە رۆژو دادگای خوا چونکە هەرکەس ئیشی چاك بکات بۆ خۆیەتی‌و هەرکەسێکیش خراپە بکات هەربۆ خۆیەتی. ئینجا خوای گەورە باسی بەسەرهاتی شوعەیب‌و گەلەکەیمان بۆ دەکات‌و دەفەرموێ:

(٨٥) هەروەها بۆ مەدیەن براکەیان کەشوعەیب بو بۆمان ناردن کەوتی: ئەی گەلی من خوا بپەرستن ، بێجگەلەو خوایە هیچ پەرستراوێکی راستی تر نیە بەراستی بەڵگەی ئاشکرا لەلایەن خوای خۆتانەوە هاتوەتە لاتان، ئەوانیش ئیشی خراپیان دەکرد بەتایبەت کاتێك کە شتیان بۆ خەڵك دەکێشا

۞ قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لَنُخۡرِجَنَّكَ يَٰشُعَيۡبُ
وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَكَ مِن قَرۡيَتِنَآ أَوۡ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَاۚ قَالَ أَوَلَوۡ
كُنَّا كَٰرِهِينَ ﴿٨٨﴾ قَدِ ٱفۡتَرَيۡنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا إِنۡ عُدۡنَا فِي مِلَّتِكُم
بَعۡدَ إِذۡ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنۡهَاۚ وَمَا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّعُودَ فِيهَآ إِلَّآ أَن يَشَآءَ
ٱللَّهُ رَبُّنَاۚ وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيۡءٍ عِلۡمًاۚ عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلۡنَاۚ رَبَّنَا ٱفۡتَحۡ
بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ قَوۡمِنَا بِٱلۡحَقِّ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰتِحِينَ ﴿٨٩﴾ وَقَالَ ٱلۡمَلَأُ
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لَئِنِ ٱتَّبَعۡتُمۡ شُعَيۡبًا إِنَّكُمۡ إِذٗا لَّخَٰسِرُونَ
﴿٩٠﴾ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دَارِهِمۡ جَٰثِمِينَ ﴿٩١﴾
ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيۡبٗا كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَاۚ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيۡبٗا
كَانُواْ هُمُ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٩٢﴾ فَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ وَقَالَ يَٰقَوۡمِ لَقَدۡ
أَبۡلَغۡتُكُمۡ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَنَصَحۡتُ لَكُمۡۖ فَكَيۡفَ ءَاسَىٰ
عَلَىٰ قَوۡمٖ كَٰفِرِينَ ﴿٩٣﴾ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّبِيٍّ إِلَّآ
أَخَذۡنَآ أَهۡلَهَا بِٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمۡ يَضَّرَّعُونَ ﴿٩٤﴾ ثُمَّ
بَدَّلۡنَا مَكَانَ ٱلسَّيِّئَةِ ٱلۡحَسَنَةَ حَتَّىٰ عَفَواْ وَّقَالُواْ قَدۡ مَسَّ
ءَابَآءَنَا ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ فَأَخَذۡنَٰهُم بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٩٥﴾

سوك دەیانکێشاو کاتێ بۆ خۆیانیان دەکێشا بە سەنگێکی قورس دەیانکێشا ئەمەش بەڵگەی باوەڕ لاوازیان بو بە خواو بەرۆژی دوایی وبەڵگەی بێ رەحمیان بو بەرابەر بەیەکتر دەسا با پێوانەو کێشانەتان رێکوپێکو تەواوبێت زیان لە خەڵك نەدەنو شتی خەڵك بێ ئەرزشوسووك نەکەنو فەساد بڵاونەکەنەوە لە سەر زەویدا پاش هاتنی ئەو هەموو پێغەمبەرانە. ئاشکرایە پاش هاتنی پێغەمبەران ئەگەر ئەو خەڵکە بەگوێی بکەن زەویو وڵات بەرەو چاکی دەڕوات بۆیە دەفەرموێ: خراپە نەکەن دوای ئەوە کە زەوی چاك بوە ، ئا ئەوە چاکە بۆتانو تا کێشانەو پێوانەتان جوان بێ بەسودترە بۆتان ئەگەر ئێوە باوەڕدارن ، چونکە لە دنیادا سودێکی حەڵاڵتان دەست دەکەوێتو هەم لە پاشە رۆژیشدا شەرمەندە نابن، ئەم گەلەی شوعەیب ﷺ دەیان سیفەتی خراپیان هەبو گرنگتریان ترازو بازی بو بۆیە پێشەکی باسی کرد ئینجا ئەو سیفەتەکانی تریان باس دەکاتو دەفەرموێ: شوعەیب پێی وتن:

﴿٨٦﴾ دامەنیشن لە سەر هەموو ڕێگایەکداو هەڕەشە لەخەڵکی بکەنو خەڵك مەنع بکەن لە ڕێگای خوداو نەیەڵن باوەڕبهێننو بتانەوێ کەئەو ڕێگایەی خودا بەشێوەیەکی لار پیشانی خەڵکی بدەن واتە شوعەیب مەنعی کردن لە ڕێگاگرتن چ مادی بێ وەك تۆقاندنی خەڵك یان مەعنەوی بێ وەك ناشیرین پیشاندانی ئاینی خوا بەخەڵکی نەزان. وەبیر بکەنەوە لەوکاتەی کە ئێوە کەم بوون جا خوای گەورە زۆری کردنو دەسەڵاتی پێدانو تەماشابکەنو بزانن چۆن بوو دوارۆژی ئەوکەسانەی کە خراپەکاربوونو چییان بەسەرهات؟ واتە ئەوەش بۆ ئێوە هەیە ئەگەر ئێوەش هەروا تاوان بکەنو بە گوێی پێغەمبەری خۆتان نەکەن.

﴿٨٧﴾ وەئەگەر تاقمێك لە ئێوە باوەڕی هێنا بەوەی کە منی بۆ رەوانەکراوەو تاقمێکی ترتان باوەڕیان نەهێنا سا خۆتان بگرن تاخوا لە نێوانماندا حوکم دەکات، کە پاشە رۆژ بۆ پەرهیزکارانەو شەرمەندەییش بۆ بێ باوەڕانە، وە هەرئەوە چاکترینی حاکمان کە زەرەی لێ ون نابێتو ستەمیش لەکەس ناکاتو هیچ کەسێکیش پێش تەواو بوونی بەڵگەو نەمانی بەهانە سزا نادات، ئاشکرایە هەرکاتێ کەقسەی راستو رەوا کرا لە بەرانبەر تاوانبارانەوەو وەڵامیان نەبوو ئینجا دەست دەکەن بەچاو زاق کردنەوەو هەڕەشەکردن لە پیاو چاکانو خێر خوازان ، ئەوەتە لێرەدا شوعەیب وتی: با خۆبگرن جا ئاگر بەربووە کەوڵیان،

﴿٨٨﴾ ئەشرافو سەرمایە دارانی گەلەکەیو ئەوانەی کە خۆیان بەگەورە دەزانی وتیان: بەراستی ئەی شوعەیب تۆو ئەو کەسانەش کەلە گەڵ تۆدان دەرتان دەکەین یان دەبێ بگەڕێنەوە بۆسەر دینەکەی ئێمە، شوعەیبیش وتی: ئایا هەر دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دینەکەتان ئەگەرچی رقمان لەو دینە بەتاڵەش بێت؟ واتە شتێکی دوور لە ژیریەو ئەگەر ئێمەشتی وابکەین

﴿٨٩﴾ بەراستی ئێمە درۆمان بەدەمی (ﷲ) وە کردوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر دینەکەی ئێوە پاش ئەوەی کە ﷲ ئێمەی لەو بیروباوەڕە چەوتە رزگار کردوە واتە دوای ئەوەی کە خوا ڕێنمای کردینو ڕێگەی راستی پیشان داین هەرگیز پاش گەز بونەوە نیە. ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ: شوعەیب وتی: ئەوسا بۆمان نیە هیچ کاتێك بگەڕێینەوە بۆ ئەو دینە مەگەر ﷲ ئارەزۆ بکات ، کە ئێمەش وەك ئێوەگومڕا بکات وسەرمان لێ بشێوێنێ واتە خوا هەرچی ئارەزۆ بکات دەیکاتو پەروەردگارمان زانیاری بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو هیچ شتێك لەزانیاری ئەودەرناچێت.

جا ئێوە هەرچی دەکەن بیکەن ئێمە مننەتان لێ نازانین چونکە ئێمە تەنها بەخوا پشتمان بەستوەو هەرکەسێکیش بەراستی پشت ببەستێت بەخوا خوا بەسە بۆی، ئینجا لەو

وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْقُرَىٰٓ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَـٰتٍ
مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ وَلَـٰكِن كَذَّبُوا۟ فَأَخَذْنَـٰهُم بِمَا كَانُوا۟
يَكْسِبُونَ ﴿٩٦﴾ أَفَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا بَيَـٰتًا
وَهُمْ نَآئِمُونَ ﴿٩٧﴾ أَوَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا
ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩٨﴾ أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ فَلَا يَأْمَنُ
مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَـٰسِرُونَ ﴿٩٩﴾ أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ
يَرِثُونَ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِ أَهْلِهَآ أَن لَّوْ نَشَآءُ أَصَبْنَـٰهُم
بِذُنُوبِهِمْ ۚ وَنَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴿١٠٠﴾
تِلْكَ ٱلْقُرَىٰ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآئِهَا ۚ وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم
بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟ بِمَا كَذَّبُوا۟ مِن قَبْلُ ۚ
كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿١٠١﴾ وَمَا وَجَدْنَا
لِأَكْثَرِهِم مِّنْ عَهْدٍ ۖ وَإِن وَجَدْنَآ أَكْثَرَهُمْ لَفَـٰسِقِينَ
﴿١٠٢﴾ ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِم مُّوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦ
فَظَلَمُوا۟ بِهَا ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٠٣﴾
وَقَالَ مُوسَىٰ يَـٰفِرْعَوْنُ إِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٠٤﴾

خوایە دەپاڕێنەوەو دەڵێن: ئەی پەروەدگارمان ئێمەو گەلەکەمان بەراستی لەیەك جیابکەرەوە تۆ چاکترین جیاکەرەوەکانی واتە راستو ناراست لەیەك جیابکەرەوە ، وەئەو وەعدەی کەداوتە بەچاکان پێمان بدەو ئەوهەڕەشەیەش کە کردوتە لە خراپەکاران بیهێنەدی هەر تۆ دەتوانی ئەمەبکەیتز
.

بۆزانین: چوار پێغەمبەر لە عەرەب بوون (هود، سالح، شوعەیب، پێغەمبەرمان) سەلامو سەڵاتی خوا لەسەر هەمویان، وە شوعەیب ئەوەندە رەوان بێژ بووە بە(وتار بێژی پێغەمبەران) نابراوە، ئەو گەلەی ئەو خەڵکی مەدیەن بوون کەشارێك بووە لەشارەکانی کەنعان لەدەورو بەری شام بەرەو حیجاز ، وە ئەو گەلەیش بەناو ئەو شارەوە ناسراوە ئەمانە کافربوونو رێگایان دەگرتو خەڵکیان دەترساندو باجیان وەردەگرتو دەرختێکیان دەپەرست بەناو﴿ئەیکە﴾و چواردەوری دارستانێکی زۆر چڕو پڕبووە ئەویش بانگی ئەو گەلەی کرد تا تەنها خوا بپەرستنو واز لەو ئیشە خراپانە بهێنن

(٩٠) لە وەڵامیدا پیاوی دیاریو ماقوڵی گەلەکەی کە بێ باوەڕبوون وتیان: بەراستی ئەگەر ئێوە پەیڕەوی شوعەیب بکەن دڵنیابن کە لەدۆڕاو ورەنجەڕۆیانن.

(٩١) ئەوسا یەك دەنگی توند ئەوانی گرتو هەمویان لەناو خانوی خۆیاندا کەوتنو مردن.

(٩٢) ئەوکەسانەی کە بێ باوەڕبوون بەشوعەیب وایان بەسەرهات وەك ئەوەی هەرگیز ئەوان لەو شوێنەدا نەبوون، ئەوکەسانەی کە بێ باوەڕبوون بە شوعەیب بەراستی هەر ئەوان زیانیان کردو لەناو چون شوعەیبو پەیڕەوانی رزگار بوون.

(٩٣) جا پشتی تێکردنو وتی: ئەی گەلی من بەراستی من رامگەیاند بە ئێوە پەیامەکانی پەروەردگارمو ئامۆژگاریم کردنو بەگوێی منتان نەکرد تا توشی ئەو سزایە بون، دیارە نارەحەت بوو بۆ گەلەکەی ، ئینجا هات دڵخۆشی خۆی کردو فەرموی: ئیتر من بۆ دەبێ خۆم ئازیەت باربکەم لەسەر گەلی بێ باوەڕ؟ ئینجا خوای گەورە بەسەرهاتی گەلانی پێشومان بەشێوەیەکی کورت بۆ باس دەکات ودەفەرموێ:

(٩٤) ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردوە بۆ هیچ گوندو عەشیرەتێك مەگەر خەڵکی ئەو شوێنەمان دوچاری نەخۆشیو هەژاریو کەم دەستیو زیانمان کردبێ بەڵکو ئەوان بەشێوەیەکی شەرمەندەیو گەردن کەچیەوە بگەڕێنەوە بۆلای ئێمەو داوای لێ بوردن بکەن لێمان جا کاتێ ئاوا پاڕونەتەوە ئێمە نزاکانمان لێ وەرگرتون.

(٩٥) لەپاشا گۆڕیومانە بۆیانو نەخۆشیو تەنگ دەستیو ڤاتو ڤریمان لەسەر لابردوونوئەوەندە نیعمەتی خۆمان رژاندوە بەسەریاندا تا لەهەمو بارێکەوە شتیان لەخۆیان زیاتربووە، جا لەباتی ئەوەی کە سوپاسی خوا بکەن دەیان وت: ئەمە شتێکی عادیەو بابو باپیرانمان دووچاری ئەو بەڵاو نارەحەتیانەبوونو لە پاشا وەزعیان چاك بووەتەوە واتە هیچ پەندو ئامۆژگارییەکیان وەرنەدەگرت بۆیە خوا دەفەرموێ: ئەوسا ئێمەش لەناکاو بەبێ ئەوەی کە ئەوان هەست بکەن تۆڵەمان لێ سەندن.

(٩٦) ئەگەر ئەهلی شارەکان باوەڕیان بهێنایەو لەئیشی خراپ خۆیان بپارستایە بەراستی دەرگای فەڕوبەرکەتی فرەوانمان بۆ دەکردنەوە لە ئاسمانو لە زەویەوە ، بەرکەتی ئاسمان وەکو بارانی زۆرو دەوام دار بەشێوەیەك کەهەمیشە لەکاتی پێویستدا بباریێت وەبەرەکەتی زەویش ئەو هەمو شتەیی لەسەریەتی هەر لە سەرچاوەو روبارەوە تا میوەو سەوزیجاتو دانەوێڵەو گژو گیا

بۆ سود وەرگرتنی مرۆڤو مەڕو ماڵات، واتە: گەڕانەوەی ڕاستەقینەی خەڵك بۆلای پەروەردگاریو بەگوێکردنی نەك هەر پاداشتی ڕۆژی دواییان هەیە بەڵكو لە دنیایشدا هەربەخۆشیو هەرزانی دەژین ، وە بەخواپەرستی ڕاستەقینە هەردوو ژیان دەست دەکەوێت ، بەڵام زۆربەی خەڵك لە ڕێگای ڕاست لادەدات وەك دەفەرموێ: بەڵام ئەوان بێ باوەڕبوون بەدینەکەی خواو ئێمەش تۆڵە مان لێ وەگرتنەوە بەهۆی ئەو کەسابەتە ناشیرینە کە کردیان. ئینجا خوا دەمان ترسێنێ لە هاتنی سزای لەناکاوو دەفەرموێ:

(٩٧) ئایا خەڵكی ئەوشوێنانە ناترسن لەوەی کە سزای ئێمەیان بۆ بێت لەشەودا لەو کاتەی کە لەگەرمەی خەودان؟ ئایا ناترسن کەئەو خەوتنە ببێ بە خەوتنێکی هەمیشەییو بمرن؟ حەسەنی بەسری دەڵێ: باوەڕدار هەمیشە خەریکی بەندایەتیەو ئەمین نیەو دەترسێت لە تۆڵەی خوا ، بەڵام مرۆڤی تاوانبار هەمیشە خەریکی تاوانەو باکی لە تۆڵەو سزای خوا نیە؟! ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(٩٨) یان ئایا ئەوان ناترسن لەوەی کە سزای ئێمەیان بۆ بێت لە کاتی چێشتنگاوداو ئەوان خەریکی گاڵتەو گەمەبن؟

(٩٩) ئایا ئەوان ناترسن لە مەکری خواو دەزانن کەی خوای گەورە سزا دەنێرێ و چ بڕیارێك دەدات بۆیان؟ هیچ کەس ئەمین نابێت لەمەکری خوا مەگەر ئەو گەلەی کە زیان لێکەوتو خەسارەتمەند بن. کەوابو پێویستە موسڵمانان هەمیشە لە خوای خۆیان بترسنو لەمەکری خوا ئەمین نەبن بەراستی ئەوەی کە چاکتر خوای ناسیوە ئەوە لەهەمو کەس زیاتر عیبادەتی خوای خۆی کردوەو زیاتر لێی ترساوە ، چونکە ئەو دەزانێ کە خوا نیازی بەبەندایەتی ئەونیە ، بەڵكو بەندایەتی ئەوبۆ سودی خۆی و دەوڵەمەندبونی ئایندی خۆیەتیو کێ بەرکێ کردنە بۆ بەدەست هێنانی پلە بەرزەکانی بەهەشتو وەرگرتنی خەڵاتی پەروەردگاری.

(١٠٠) ئایا ئاشکراو ڕون نەبوەتەوە بۆ ئەوکەسانەی کەلە پاش خەڵكی فەوتاوی تر هاتوون کە وریابنو تاوان نەکەنو بەشوێن پێی ئەوان دا نەرۆن چونکە ئەگەر ئێمە ئارەزۆ بکەین بەهۆی گوناهەکانیانەوە هەروەك گەلانی پێش خۆیان دوچاری سزایان دەکەینو دڵیان مۆردەکەین جا ئیتر ئەوان هیچ ڕاستیەك نابیسن، ئاشکرایشە کە ئەگەر حەقیان نەبیست ئیتر هەرگیز ناگەڕێنەوە سەر ڕێبازی بەختەوەریو هەروا بەگومڕاهی دەمرن.

(١٠١) ئا ئەوانەی کەباسکران هەموو ئەو وڵاتو شارانەبون کەوا ئێمە بەسەر هاتەکانیانت بۆ باس دەکەینو پێغەمبەرانیان بەنیشانەی ئاشکرا هاتنە لایان جا ئەوان باوەڕیان نەهێنا بەوەی کە گەلانی پێش خۆیان باوەڕیان پێ نەکردبوو هەر ئاوەها الله مۆر دەنێت بەسەر دڵی کافراندا. پێویستە ئەوەش بزانین کە خوای گەورە هەرگیز ستەم لە هیچ کەس ناکات بەڵکوئەوان خۆیان ستەمیان لەخۆیانکردوە،ئەوەتە دەفەرموێ:

(١٠٢) نابینین کە زۆربەی ئەوان عەهدو پەیمانیان هەبێت ، وە بەراستی زۆربەی ئەوانمان بەفاسقو پەیمان شکێن دی.

(١٠٣) لەپاش ئەم پێغەمبەرانە موسامان بە نیشانەکانمانەوە نارد بۆلای فیرعەونو ئەشرافو دەورو بەرەکانی ئەوسا ئەوان دژایەتی نیشانەکانیان کرد جا تەماشابکەنو بزانن چۆن بوو دوارۆژی ئەوانەی کە خراپەکارو گەنەکێڵ بوونو چییان بەسەردا هات؟واتە لەوانەوە پەندو ئامۆژگاری وەرگرن بائێوەیش ئەوتان بەسەرنەیەت .

(١٠٤) موسا وتی: ئەی فیرعەون بەراستی من ڕەوانە کراوم لەلایەن پەروەردگاری عالەمەوە، لە سورەتی بەقرەدا بەبۆنەی باسی جولەکەوە کەمێ باسی موسا کرا لێرەدا کورتە بەسەرهاتێکی دەنوسین بۆنەوەی لێرەو لەداهاتودا ئاسان تر لەمانای وشەکان تێ بگەین،

موسا عليه السلام هەرلە سکی دایکیابو جادوو گەران نزیك بوونەوەی لە دایك بوونی کەسێکیان بەفیرعەون ڕاگەیاند ، کەلە ئایندەدا دەبێت بەهۆی لەناوچونی هێزو دەسەڵاتی تۆ هەرلەبەر ئەوە فیرعەون فرمانی دا کە ژنانی بارداری بەنی ئیسرائیلی چاودێری بکرێنو هەرچی نێرینەیان بوو سەری ببڕن ، خوا دایکی موسای وا لێکرد کە ئەو ئافرەتە پشکێنەرەی هەستی بەبارداری نەکردو کاتێ بوو خوا وای تێگەیاند کە منداڵەکەی بخاتە ناو سندوقێکەوەو بیبات بەرەو ڕوباری نیل، دایکی موسایش ئەو کارەی ئەنجام داو منداڵ بەسندوقەوە برایە لای ماڵی فیرعەون چونکە پیاوانی فیرعەون ئەو سندوقەیان لەناو

ئاودا دەرهێنا ، کاتێ کە خێزانی فیرعەون کردیەوە هەستی بەروناکیەك کردو داوای لە فیرعەون کرد کە نەی کوژن بەڵکو هەڵی بگرن‌و بەخێوی بکەن‌و بیکەن بەکوڕی خۆیان چونکە فیرعەون کوڕی نەبوە ، بەوشێوەیە کەوتە ماڵی فیرعەونەوە ، جا چونکە خوا مەمکەی هەمو ئافرەتێکی لێ بێزراندبوو گەڕان تادایکیان دۆزییەوە بەناو ئافرەتێکەوە کە هەموو منالێك مەمکی دەگرێت نەك بەناو دایکییەوە کەلە سورەتی (طه)دا باسکراوە چونکە ئەگەر بزانرایە کە کوڕی ئەوە دەیان کوشت ، بەم شێوەیە الله گەڕاندییەوە لای دایکی‌و خزمەتیشیان دەکرد لەسەر بەخێوکردنەکەی ، موسا گەورە بو لەناو قیبتیەکانداو وەك کوڕی فیرعەون حیسابیان دەکردو لەناو بەنی ئیسرائیلیەکانیشدا ، چونکە شیردەرەکەی لەوان بو بەبەنی ئیسرائیلیان دادەنا واتە لای هەردوو لایان ڕێزی تایبەتی هەبوو تا ڕۆژێك قەدەری خوا وابو کە چاوی بە یەکێکی بەنی ئیسرائیلی‌و یەکێکی قیبتی کەوت لەدەوروبەری کاتی نیوەڕۆدا کە شەڕیان بو بەنی ئیسرائیلیەکە وتی: موسا فریام کەوە موسا هات‌و گورمشتێکی لەکابرای قیبتی داو کابرا مرد موسا لەو ئیشەی خۆی دڵتەنگ بو داوای لێ بوردنی لە خوا کردو کەس پێی نەزانی‌و قیبتیەکان زۆر دەگەڕان تا بەڵکو بکوژی کابرا بدۆزنەوە تا ڕۆژێکی تر هەمان کابرای بەنی ئیسرائیلی لەگەڵ یەکێکی تری قیبتیدا شەڕی کردو موسای دی‌و هاواری بۆ هێنا موسایش پێشەکی لەو توڕەبوو وتی: تۆ پیاوێکی چاك نیت هەمیشە خەریکی شەڕو هەرادروست کردنی‌و پەلاماری کابرای قیبتی دا بەڵام کابرای بەنی ئیسرائیلی وای زانی موسا بۆئەو پەلەمار دەبات ئەوەبو گورج هاواری لێ هەڵساو وتی: ئەی موسا تۆ دوێنێ زەلامێکت کوشت‌و ئەمڕۆیش بەتەمای من بکوژیت؟ بەڵێ،

قسە کەوتە زارو قاڵ کەوتە شارو بە گوێی فیرعەونیان گەیاند فیرعەونیش بڕیاری کوشتنی دا بەڵام کەسێك کەخوا نەیکوژێت کێ دەتوانێ بیکوژێت؟ کابرایەك بەپەلە هات‌و هەواڵەکەی بەموسا گەیاندو وتی: ڕاکە ئەگینا ئەتکوژن ئینجا موسا ڕای کردو ڕۆیشت تا گەیشتە مەدیەن‌و لەوێ لەسەر بیری ئاوێك چاوی بە چەند شوانی مەڕو ماڵات کەوت کە ئاویان دەدان بەڵام لە دوری ئەوانەوە دوو ئافرەتی دی کە کۆمەڵە حەیوانێکیان پێ بو لێیان نزیك کەوتەوەو پرسیاری لێ کردن بۆچی ئێوە لێرەدا وەستاون؟ وتیان: ئێمە ئافرەتین‌و باوکمان پیرەو توانای ئاودانی حەیوانی نیەو ئێمەش نامانەوێ تێکەڵاوی ئەو پیاوە شوانانە ببین لێرەدا دەوەستین تائەوان لێ دەبنەوە ئینجا ئێمە حەیوانی خۆمان ئاودەدەین . موسا هات‌و حەیوانەکانی ئەوانی بردو ئاوی دان‌و بۆی هێنانەوەو ئەوانیش گەڕانەوە بۆ ماڵ‌و موسایش لە برسا هاواری لە خوای خۆی کرد کە شتێکی بۆ بگەیەنێت، ئاشکرایە کە ئەمانیش لەعادەتی خۆیان زووتر گەڕاونەتەوەو بوەتە هۆی پرسیارکردنی باوکییان لێیان کە چۆن بو وا ئەمڕۆ زوو هاتونەتەوە؟ ئەوانیش داستانەکەیان بۆ باسکرد جا باوکیان یەکێ لە کچەکانی نارد بە شوێنیاو دەعوەتی کرد تا حەقی ئاودانەکەی پێ بدات ، ئینجا کاتێ موسا هات‌و دەنگ‌و باسی خۆی بۆ گێڕایەوە کابرا وتی: مەترسە ڕزگاربویت لەگەڵی ستەمکار،

ئینجا یەکێ لەکچەکان وتی: ئەی باوکی خۆشەویستم بەکرێی بگرە بەڕاستی چاکترینی کەسانێکە کە تۆ بەکرێت گرتبن‌و بەهێزو دەم‌و دەست پاکە، بۆیە پیاوەکە پێی وت: من ئەمەوێ یەکێك لەم کچانەت لێ نیکاح بکەم بەومەرجەی هەشت ساڵ شوانیم بۆ بکەیت ، وەئەگەر بیکەیت بەدەساڵ ئەوە پیاوەتی خۆتەو من نامەوێ سەختیت بۆ دروست بکەم ، موسایش وتی: باشە کامیانم بۆ جێ بەجێ کرا پەسەندی بکەیت‌ودەست درێژی نەکەیتەسەرم.

بەڵێ، موسا شوانی تەواو کردو دەغدەغەی وڵاتی خۆی هات بەسەریداوبەرەو وڵاتی خۆی کەوتە ڕێ‌و شەو لەلای کێوی تور چاوی بە تروسکەی ئاگرێك کەوت‌و بەخێزانەکەی وت: لێرە بوەستن من چاوم بەئاگرێك کەوت تا بچمەلای بەڵکو هەواڵێك بزانم یان دەستەوارەیەك ئاگر بێنم تا خۆتانی پێ گەرم بکەنەوە ، موسا ڕۆیشت‌و لەو شوێنەدا نیگای(الوحی) خوای بۆهات‌و دوو بەڵگەی گرنگی پێدرا یەکێك عەساکەی بوو کە دەبو بەمار . دووهەم: دەستی ڕاستی کەدەیکرد بەباخەڵیاو دەری دەهێنایەوە زۆر سپی دەبو .

جا فەرموی: بچۆ بۆلای فیرعەون‌و دەست‌و دایرەکەی کە ئەوان گەلێکی فاسقن، موسایش وتی: ئەی پەروەردگارم من لە ترسی فیرعەون ڕام کردوەچونکە زەلامێکم لێ کوشتوون دەترسم بمکوژن ، وە چەند داخوازیەکی تری لە خوا کردو خوایش داخوازییەکانی لێ وەرگرت‌و هارونی برایشی کرد بەپێغەمبەرو هەردوو کیان چونەلای فیرعەون. جا ئیتر فەرمون بالەگەل ئایەتەکانی ئەم سورەتەدا بین‌و بزانین چی کراوە، خوا دەفەرموێ: موسا وتی:

حَقِيقٌ عَلَىٰٓ أَن لَّآ أَقُولَ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ قَدْ جِئْتُكُم
بِبَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَرْسِلْ مَعِيَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٠٥﴾ قَالَ إِن كُنتَ
جِئْتَ بِـَٔايَةٍ فَأْتِ بِهَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٠٦﴾ فَأَلْقَىٰ
عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴿١٠٧﴾ وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِيَ بَيْضَآءُ
لِلنَّٰظِرِينَ ﴿١٠٨﴾ قَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ
عَلِيمٌ ﴿١٠٩﴾ يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُمْ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ ﴿١١٠﴾
قَالُوٓا۟ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَأَرْسِلْ فِي ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ﴿١١١﴾ يَأْتُوكَ
بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٍ ﴿١١٢﴾ وَجَآءَ ٱلسَّحَرَةُ فِرْعَوْنَ قَالُوٓا۟ إِنَّ
لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ ٱلْغَٰلِبِينَ ﴿١١٣﴾ قَالَ نَعَمْ وَإِنَّكُمْ
لَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿١١٤﴾ قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلْقِيَ وَإِمَّآ أَن
نَّكُونَ نَحْنُ ٱلْمُلْقِينَ ﴿١١٥﴾ قَالَ أَلْقُوا۟ فَلَمَّآ أَلْقَوْا۟ سَحَرُوٓا۟
أَعْيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَآءُو بِسِحْرٍ عَظِيمٍ ﴿١١٦﴾
۞ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا
يَأْفِكُونَ ﴿١١٧﴾ فَوَقَعَ ٱلْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١١٨﴾ فَغُلِبُوا۟
هُنَالِكَ وَٱنقَلَبُوا۟ صَٰغِرِينَ ﴿١١٩﴾ وَأُلْقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿١٢٠﴾

﴿١٠٥﴾ شایستەو لایق هەرئەوەیەکەمن جگە لەراستی لەلایەن (ﷲ)ـە وە هیچ شتێکی ترنەڵێمو ئەمەش قسەمە کە دەڵێم: من بە نیشانەی ئاشکرا لەلایەنی خوای خۆتانەوە هاتومەتە لاتان دەی جا وازلە بەنی ئیسرائیل بهێنە بالەگەڵ مندا بنو ئازاریان مەدەو چیتر مەیان چەوسێنەوە.

﴿١٠٦﴾ فیرعەون وتی: باشە تۆ ئەگەر بە بەڵگەو نیشانەیەك هاتویت بۆسەلماندنی قسەکەت دەی بیهێنە ئەگەر تۆ لە راست گۆیانی.

﴿١٠٧﴾ موسا عەساکەی خۆی فڕێ داو بو بەیەك ئەژدیهای گەورەو زل دەمی کردەوەو پەلاماری فیرعەونی داو فیرعەونیش لە ترسا رای کردو داوای لە موسا کرد کە بیگرێتەوە موسا گرتی هەر عەساکەی خۆی بو.

﴿١٠٨﴾ دەستی خۆی دەرهێنا کەچی ئەویش سپیو ئەدرەوشایەوە وەك مانگ بەبێ ئەوەی لەکەیەکی ناشیرین دروست بکات.

﴿١٠٩﴾ جا ئەوانەی کە دەم سپیانی گەلی فیرعەون بون وتیان: بەراستی ئەمە ساحیرێکی زۆر زانایە. بەڵێ ، هەمیشە کاسەلێسانی هەموو سەردەمێك هەر ئاوەها بوون کاتێك کەلەگەڵ ستەمکاراندا قسەدەکرێتو کەمێك نەرم ئەبن لەوکاتەدا دەستو پێ کانیان بۆ خۆنواندنو خۆ بە پیاو چاك نیشاندان لەلای ئەو ستەمکارانە دەست دەکەن بە خۆهەڵکێشانو زیاتر کابرای ستەمکار سوردەکەن لەسەر دژایەتی دینو ئەخلاقو رەوشتو موسڵمانان بەڵام کاتێ کەقیامەت هات جا ئەوکاتە ستەمکارو ژێردەستە هەردوو نەفرینی یەکتر دەکەن ، جا کاتێ کاسەلێسانی دەربار وایان وت فیرعەون وتی:

﴿١١٠﴾ دەیەوێت دەرتان بکات لەناو زەوی وزاری خۆتاندا جا ئیتر بڕیاری ئێوە چییە؟ بەڵێ، تا ئێستا هەرخۆی فەرماندەبوو بەڵام وائێستا ترسی واقیعی پەیدا بوو کورسییەکەی کەوتەلەرزین ، جا بەوان دەڵێ چی ئەمردەکەن؟!

﴿١١١﴾ وتیان: رایگرە خۆی وبراکەشی کە هارونەو مەئموران کۆکەرەوە رەوانەبکە بۆ شارەکان تا خەڵك کۆکەنەوە.

﴿١١٢﴾ تا هەرچی ساحیری زۆر زانا هەیە هەمویان کۆ بکەنەوەو بۆت بهێنن، ئەمانە وایان دەزانی موسا ساحیرەو دەیان ویست بەسیحر بەرپەرچی بدەنەوە دیار ئەویش بە گوێی کردنو پیاوی ناردو ساحیران کۆکرانەوە .

﴿١١٣﴾ جا ئەو ساحیرانە هاتن بۆلای فیرعەونو وتیان: ئایا ئێمە پاداشتمان هەیە ئەگەر هاتو سەرکەوتین بەسەر موسادا؟

﴿١١٤﴾ فیرعەون وتی: بەڵێ، ئێوە ئەبنە پیاو نزیکانی خۆم. ئینجا موسایش کاتێ کە ئەوانی دی وەك لە سورەتی (طه_٦١_) دا هاتوە ئامۆژگاری کردنو وتی: (وای بۆ ئێوە درۆ دروست مەکەن بەدژی ألله بەهاوڵ دانان بۆی بەراستی خوا بەسزا لەناوتان دەبات، وەبەراستی رەنجەرۆبووە ئەوکەسەی کە درۆی هەڵبەست) ئەگەرچی زۆربەیان بەم قسەیە کەوتنە گومانو ترسەوە لە ئیشەکەی خۆیان بەڵام هەندێکیان کەدەستو پلەو پایەی لای فیرعەونیان هەبوو ساحیرەکانی تریان هەڵناو وایان لێ کردن کەلە بەرامبەری موساوە بووەستن ئەوەتە ،

﴿١١٥﴾ وتیان: ئەی موسا یا تۆ ئیشی خۆت بکەو عەساکەت فڕێبدە یان ئێمە ئیشی خۆمان دەکەینو عەساو گوریسی خۆمان فڕێ دەدەین

قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (١٢١) رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ (١٢٢) قَالَ
فِرۡعَوۡنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ إِنَّ هَٰذَا لَمَكۡرٞ مَّكَرۡتُمُوهُ
فِي ٱلۡمَدِينَةِ لِتُخۡرِجُواْ مِنۡهَآ أَهۡلَهَاۖ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ (١٢٣) لَأُقَطِّعَنَّ
أَيۡدِيَكُمۡ وَأَرۡجُلَكُم مِّنۡ خِلَٰفٖ ثُمَّ لَأُصَلِّبَنَّكُمۡ أَجۡمَعِينَ (١٢٤)
قَالُوٓاْ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ (١٢٥) وَمَا تَنقِمُ مِنَّآ إِلَّآ أَنۡ ءَامَنَّا
بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا لَمَّا جَآءَتۡنَاۚ رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا وَتَوَفَّنَا مُسۡلِمِينَ
(١٢٦) وَقَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِ فِرۡعَوۡنَ أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوۡمَهُۥ لِيُفۡسِدُواْ
فِي ٱلۡأَرۡضِ وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَۚ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبۡنَآءَهُمۡ وَنَسۡتَحۡيِۦ
نِسَآءَهُمۡ وَإِنَّا فَوۡقَهُمۡ قَٰهِرُونَ (١٢٧) قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِ
ٱسۡتَعِينُواْ بِٱللَّهِ وَٱصۡبِرُوٓاْۖ إِنَّ ٱلۡأَرۡضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن
يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۖ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ (١٢٨) قَالُوٓاْ أُوذِينَا
مِن قَبۡلِ أَن تَأۡتِيَنَا وَمِنۢ بَعۡدِ مَا جِئۡتَنَاۚ قَالَ عَسَىٰ رَبُّكُمۡ
أَن يُهۡلِكَ عَدُوَّكُمۡ وَيَسۡتَخۡلِفَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ
فَيَنظُرَ كَيۡفَ تَعۡمَلُونَ (١٢٩) وَلَقَدۡ أَخَذۡنَآ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ
بِٱلسِّنِينَ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ (١٣٠)

(١١٦) موسا وتی: ئێوە ئیشی خۆتان بکەن تا خەڵکی ببینێ. دەڵێن دە ، یان (پانزە ، یان سی ، یان حەفتا) هەزار جادوگەر بوونو هەریەکەیان گوریسێكو عەسایەکیان پێ بووەو کاتێ کە فڕەیان داوو ئیشی خۆیانیان کرد کاریان کرد لە چاوی ئەو هەموو خەڵکە بەتایبەت لە چاوی فیرعەون لەچاوی موسا ﷺ پێیان وابو کەئەمانە شتانێکی راستنو مارو ئەژدیهان تەنانەت موسا ترسا کە ئەو شتە گرنگانەی دیو سیحرەکەیان کاری کردبوە سەر چاوی بۆیە خوا فەرموی: ﴿لَا تَخَفۡ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡأَعۡلَىٰ (٦٨)﴾ طه: ٦٨ مەترسە بەراستی ئەمڕۆ هەرتۆ سەرکەوتودەبیت) پێغەمبەران علیهم السلام هەمیشە لە خوا ترساون ئەگەر لەوکاتەدا خوا وەڵامیان نەداتەوە موسا چی دەکرد؟ بەڵێ، هەمو خەڵکیان ترساندو سیحرێکی زۆر گەورەیان کرد ئەوەبو ئەو ژمارە زۆرە هەریەکە گوریسی خۆیو عەسای خۆی فڕەداو بون بەئەژدیهای زۆر گەورەو دەجوڵانو دەهاتن بەسەریەکدا لەبەر چاوی خەڵك لە ناو ئەو شیوەدا، جا وا ئەوان ئەوەی لەتوانایان دابو کردیانو سرنجی خەڵکیان بۆ خۆیان راکێشاو موسایش تەماشا دەکات ، ئینجا خوا دەفەرموێ:

(١١٧) خۆ لەو کاتەدا ئێمەش وەحیمان کردە لای موساو وتمان عەساکەت فڕێ بدە . بەڵێ، موسایش فەرمانی خوای خۆی ئەنجام داو عەساکەی فڕێ دا دەسودەم ئەو عەسایە کەئەیدا بەلای هەرکامیاندا هەڵی دەلوشی، ساحیرەکان زانیان کەئەمە ئیشی سەرزەوی نیەو زانیان کەلەلایەن خواوەیە

(١١٨) جا حەق جێگیر بوو ، وە ئەوەی کەئەوان کردبوویان هەموی هەڵوەشایەوە.

(١١٩) ئیتر ئەو ساحیرانە لەوێدا شکستیان خوارد وهەمویان زەلیلو سەرشۆڕبون لەبەرانبەر راستیداو خۆیان لێ بێزراو ئیشەکەی خۆیانیان لاناشیرین بوو هەربۆیە بەپەلە،

(١٢٠) جادوگەرەکان هەموویان سوجدەیان برد بۆ خوا بەهۆی ئەو ئیشە گرنگەی موساوەو دانیان بەراستی موسادانا،

(١٢١) وتیان: ئێمە باوەڕمان هێنا بەپەروەردگاری جیهان.

(١٢٢) کە پەروەردگاری موساو هارونە. بەڵێ، ئەو هەموو ساحیرانە باوەڕیان هێنا جا ئینجا کاسەلێسان چی بکەن؟ کەوتنە هەڵنانی فیرعەون تا تەسلیم نەبێو ئەمانیش پلەو پایەکانیان لەدەست نەچێت ئەوەندەیان وت: تا ،

(١٢٣) فیرعەون وتی: باوەڕتان هێناوە بەموسا بەرلەوەی کە من ئیزنتان پێبدەم؟ چۆن ئیشی وادەکەن دەبوایە ئێوە ئیزن لەمن بخوازن بۆ باوەڕهێنانو نابێ هەروا خود سەرانە بڕیاربدەن؟! ئەمە فڕوفێڵێکە کە ئێوە لەم شارەدا ئەوفڕوفێڵەتان کردوە کە باوەڕتان بە موسا هێناوەو دەتانەوێ خەڵکەکەی دەربکەن؟ جا فیرعەون هەرچەند دەیزانی کە قسەکەی راست نیە بەڵام بۆ خەڵەتاندنی گەلە نەفامو نەزانەکەی ئاوای بەو ساحیرانە دەوتو هەڕەشەی لێ کردنو وتی: لەمەودوا دەزانن کە چیتان بەسەر دەهێنم سوێندی دەخواردو دەیوت:

(١٢٤) بەراستی دەستەکانتانو پێکانتان بەپێچەوانەوە دەبڕمەوەو چەپو راستان پێ دەکەم لەپاشان بەدارخورمادا هەمووتان هەڵدەوەستم، بەڵام ساحیرەکان گوێیان نەدایە هەڕەشەکەی بەڵکو

(١٢٥) وتیان: ئێمە بۆلای خوای خۆمان دەگەڕێینەوە، وەکو لە سورەتی (طه/٧٢) دا وتیان: (هەرچی دەکەیت بیکە ئیشی تۆ هەرلەدنیادا دەبێ)

فَإِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَٰذِهِۦۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةٞ
يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓۗ أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ
أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿١٣١﴾ وَقَالُواْ مَهۡمَا تَأۡتِنَا بِهِۦ مِنۡ ءَايَةٖ
لِّتَسۡحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحۡنُ لَكَ بِمُؤۡمِنِينَ ﴿١٣٢﴾ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمُ
ٱلطُّوفَانَ وَٱلۡجَرَادَ وَٱلۡقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٖ مُّفَصَّلَٰتٖ
فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمٗا مُّجۡرِمِينَ ﴿١٣٣﴾ وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيۡهِمُ
ٱلرِّجۡزُ قَالُواْ يَٰمُوسَى ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَۖ لَئِن
كَشَفۡتَ عَنَّا ٱلرِّجۡزَ لَنُؤۡمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرۡسِلَنَّ مَعَكَ بَنِيٓ
إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴿١٣٤﴾ فَلَمَّا كَشَفۡنَا عَنۡهُمُ ٱلرِّجۡزَ إِلَىٰٓ أَجَلٍ
هُم بَٰلِغُوهُ إِذَا هُمۡ يَنكُثُونَ ﴿١٣٥﴾ فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡ فَأَغۡرَقۡنَٰهُمۡ
فِي ٱلۡيَمِّ بِأَنَّهُمۡ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُواْ عَنۡهَا غَٰفِلِينَ ﴿١٣٦﴾
وَأَوۡرَثۡنَا ٱلۡقَوۡمَ ٱلَّذِينَ كَانُواْ يُسۡتَضۡعَفُونَ مَشَٰرِقَ
ٱلۡأَرۡضِ وَمَغَٰرِبَهَا ٱلَّتِي بَٰرَكۡنَا فِيهَاۖ وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ
ٱلۡحُسۡنَىٰ عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ بِمَا صَبَرُواْۖ وَدَمَّرۡنَا مَا كَانَ
يَصۡنَعُ فِرۡعَوۡنُ وَقَوۡمُهُۥ وَمَا كَانُواْ يَعۡرِشُونَ ﴿١٣٧﴾

(١٢٦) تۆ رقت نیە لە ئێمە مەگەر لەبەر ئەوەیە کە ئێمە باوەڕمان هێناوە بەو ئایەتانەی خوای خۆمان کە هاتوونەتەلامان‌و دەزانین کەراستن ئەگینا ئێمە هیچمان لە تۆ نەکردوە نەماڵمان خواردویت‌و نە دەست درێژیمان کردوەتەسەرت‌و نەشۆڕشێکمان لێکردویت، ئاشکرایە ستەمکاران کەکورسیان کەوتە مەترسییەوە نەسۆزیان هەیەو نەبیر لە قسەی راست‌و دروست دەکەنەوە بەڵکو دەیانەوێ هەرچی بەکەیفی ئەوانە ، هەر ئەوەببێت بۆیە باوەڕدارانیش زانیان کەقسەی خۆی دەباتە سەرو دەست درێژی دەکاتە سەریان‌و وتیان: خوایە سەبرمان زیاد بکە کەبتوانین خۆمان بگرین بەرامبەر بەو ناڕەحەتیانەی کە توشمان دێت‌و خوایە بەموسڵمانی بمان کوژەو کارێك نەبێ کە ئێمە لەم ئاینە پەشیمان ببینەوەو بەکافری بمرین، بەراستی جێگای بیرکردنەوەیە ئەوانەی کەدووسێ سەعات لەمەوپێش مەبەستی هەرە گرنگیان تەنها نزیکی فیرعەون بوو، وە لەهەمووشت بەچاکتریان دەزانی وائێستا نەك فیرعەون بەڵکو داوای ژیانی دنیایش ناکەن بەڵکو دەیانەوێ بمرن لەسەر ئەو بیرو باوەڕە!!

(١٢٧) ئینجا دەوروبەرەکانی فیرعەون دەستیان کرد بەهەڵنانی فیرعەون بۆلەناوبردنی موساو پەیڕەوانی‌و وتیان: ئایا تۆ وازدێنیت لەموساو گەلەکەی تا ئەوان خراپەو فەساد بکەن لە م وڵاتەدا ؟! واتە ئەوان بوونی موساو بەرنامەکەی بەفەساد دەزانن‌و خۆیان بە پیاو چاك حیساب دەکەن !! وتیان: وازیان لێ دەهێنی لەگەڵ ئەوەشدا کەبەندایەتیت نەکەن؟ واتە شتی وانەکەیت‌و ماوەیان پێ نەدەیت، فیرعەونیش فوی کردە خۆی‌و وتی: خەم مەخۆن لەمەودوا کوڕەکانیان دەکوژین‌و ژنەکانیان دەهێڵینەوە هەم لاوازیان دەکەین‌و هەم سود لە ئافرەتەکانیان وەردەگرین، وە ئێمە بەسەر ئەواندا زاڵین ئەمە دووجارە فیرعەون ئەم جۆرە رەفتارە بکات لەگەڵ بنی ئیسرائیلدا پێش لەدایك بوونی موساو ئێستایش جا دیارە هەواڵی ئەم بڕیارەی فیرعەون گەیشتە موسا ﷺ ئاشکرایە کەئەوانیش ترسیان دەبێت لە فیرعەون چونکە ئەو خاوەنی هێزو دەسەڵاتێکی زۆر بو،

(١٢٨) بۆیە موسایش دڵنەوایی گەلەکەی کردوپێی وتن: داوای یارمەتی لەخوابکەن‌و خۆتان بگرن بێگومان ئەم زەویە موڵکی خوایەو دەیدات بەهەرکەسێك کە خۆی ئارەزۆی لێبێت لە بەندەکانی، رۆژێ دەیداتە دەست فیرعەونێك لەفیرعەونەکان‌و رۆژێکی تر دەیداتە دەستی پیاوچاکێك لەپیاوچاکان چونکە موڵکی خۆیەتی‌و چۆن ئارەزۆ لێ بێ وای لێ دەکات بەڵام سەرئەنجام‌و سەرکەوتن بۆ پەرهیزکارانە، جا کێ راستی کرد لەگەڵ خوادا هەر ئەو دەیباتەوە ، لەراستی دا ئەوەگرنگ نیە کەکابرایەك چەند ساڵ فرمانڕەوایی دەکات چونکە هەر دەبێ بمرێ وشوێنی خۆی چۆڵ بکات گرنگ ئەوەیە لەپاش مەرگ چی بەسەردێ کە هەرگیز نابڕێتەوە، جائەگەر چاك بوو ئەوە هەردوو دنیایی بووە، وەئەگەر خراپ بوو ئەوە هەموی لەدەست چوەو تازە رزگاری نابێت، کەوابو پەرهیزکاران بردیانەوە هەرچەند بەسەختی بژین لەم چەند رۆژەی دنیادا،

(١٢٩) ئەو گەلەی موسا وتیان: ئەی موسا بەرلەوەی تۆ بێیت هەر ئازار دەدراین‌و ئێستاش کەتۆ هاتوی هەر ئازار دەدرێین؟ جا ئیتر لە هاتنی تۆدا چ سودێکمان دەست کەوتوە؟ موسایش هەردڵنەوایی دەکردن‌و مژدەی سەرکەوتنی پێ دەدان‌و وتی: نزیکە کەپەروەردگارتان دوژمنەکەتان بفەوتێنێت‌و لەم وڵاتەدا ئێوە بکات بەجێنشینی ئەوان جا تەماشا بکات‌ودەری بخات بۆجیهانیان تابزانرێت کە ئێوە چۆن رەفتار دەکەن ، موسا بەوشێوەیە مژدەی دەدا بەگەلەکەی‌و دەیوت: سەردەکەون بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانن کە سەرکەوتنی ئێوەش بۆ تاقی کردنەوەیە، ئەگەر چاك جوڵانەوە پاداشی چاکتان دەبێ، وەئەگەر خراپیش

جولأنەوە پاداشی خراپتان پێ دەدرێتەوە، بەڵێ، موسا بانگەوازەکەی خۆی بە فیرعەون‌و گەلەکەی گەیاندو نەترسانە هەرچی پێ سپێرابو پێی راگەیاندن بەڵام فیرعەون لە ستەم‌و تاوانی خۆی پەشیمان نەبووەوو بەنی ئیسرائیلی نەدایە دەست موسا ئینجا خوای گەورە بۆ ئەوەی زیاتر بیربکەنەوەو هیچ بەهانەیەکیان نەمێنێ بۆ دوا رۆژ چەندین بەڵای جۆراو جۆری دابەسەریاندا وەك دەفەرموێ:

(١٣٠) بەراستی تۆڵەمان وەرگرت لە فیرعەون بە قاتو قڕی‌و گرانی‌و نەبارینی باران‌و کەم کردنەوەی بەروو بوم‌و میوەکان بۆ ئەوەی کە ئەوان بیر بکەنەوەو پەند وەربگرن‌و وازلە ستەمکاری‌و تاوان بهێنن.

(١٣١) جاهەرکاتێك خۆشیەك روی تێدەکردن‌و دەکەوتنە فەرەحیەوە دەیان وت: ئەمەتایبەتی خۆمانەو خۆمان شایستەی ئەوەین بۆیە خوا ئەمەمان لەگەڵدا دەکات، وەئەگەر توشی زیان‌و خراپەیەك دەبوون دەیان وت: ئەمە خەتای موساو قەومەکەیەتی‌و نەگبەتی ئەوانە بۆیە ئێمە کەوتوینەتە ناو ئێش‌و ئازارو ناڕەحەتیەوە، ئینجا خوای گەورە وەڵامیان دەداتەوەو دەفەرموێ: پێیان بڵێ ئاگاداربن نەگبەتی ئەوان لای خوایەو ئەوان خۆیان خراپەو فەسادیان کردوە بۆیە وا دوو چاری بەڵادەکرێن بەڵام زۆربەی ئەوان نازانن کە هەموشت بەدەست خوایەو پێغەمبەران تەنها گەیاندنیان لەسەرەو ناتوانن هیچ بەڵایەك بەسەر کەسدا بهێنن تەنانەت پێغەمبەران زۆر دڵسۆزی گەلەکەیان بوون‌و حەزیان نەدەکرد گەلەکەیان دووچاری هیچ ناخۆشیەك ببێت‌و هەمیشە لە خوا دەپاڕانەوە کە ڕێنمای گەلەکەیان بکات تا رزگاربن لە تۆڵەو سزای خوا ، واتە نەزیان‌و نەسود بەدەست هیچ کەس نیە تەنها بەدەست خوایەو تا خوا ئارەزۆی لێ نەبێت هیچکامیان نابێت، هەرکەس پێی وابێ کە ئەم دووشتە لە غەیری خواوە دەبێ ئەوکەسە موشریکەو هەموو کردارە چاکەکانیان ئەگەر هەیانبێ هەڵدەوەشێتەوەو بێ تەوبە کردن لەو بۆچونە هەڵەیە خوا نایان بەخشێت. بەڵێ، فیرعەون‌و گەلەکەی بەهەموو هێزەوە دژایەتی موسایان دەکرد.

(١٣٢) جا دەیان وت: ئەی موسا تۆ هەر بەڵگەیەك بۆ ئێمە بهێنیت‌و هەر نیشانەیەکمان پیشان بدەیت بۆ ئەوەی ناچارمان بکەیت بەبڕواهێنان ئەوسا ئێمە هەرگیز باوەڕت پێ ناکەین‌و پەیڕەویت ناکەین. ئینجا خوای گەورە چەند بەڵای گەورەی دابەسەریاندا ، وەك دەفەرموێ:

(١٣٣) لەپاش ئەوەی کە سەرکەشیان کرد تاقیمان کردنەوە بە بارانێکی زۆر کە دەباری بەسەریانداو زەوی‌و کێڵگەکانیان پڕلە ئاوببون‌و ببون بە زۆنکاوو دەغڵ‌ودانەکانیانی لەناوبرد، وە کولەی بۆناردن کە هەرچی دانەوێڵەیان هەبو هەمووی خواردوو هیچی بۆنەهێشتنەوە تەنانەت دەڵێن بزماری دەرگاکانیشی دەخوارد، خواردنی کوللە حەڵاڵە. عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئەوفا دەڵێ: { غَزَوْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ سَبْعَ غَزَوَاتٍ نَأْكُلُ الْجَرَادَ /مسلم/ لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ حەوت غەزامان کردوە کە کوللەمان دەخوارد} بەڵام پێغەمبەرمان ﷺ نەیدەخوارد چونکە تەبیعەتی نەچوەتە سەری وەك بزن مژەو گورچیلەو حەرامی نەکردوون. وەئەسپێ یان گەنەی زۆری بۆ ناردن کەهەموو خۆراکیان پڕ ببو، هەندێك دەڵێن ئەمانە بەهۆی هەرزانی پێشویانەوە کەپاش پاڕانەوەی موسا خوا پێی دابوون دەغڵ و دانێکی زۆریان خستە ئەنبارەوەو خۆیان بێ نیاز زانی‌و دەستیان دایەوە خراپەو خوا ئەوئەسپێیەی بۆ ناردن کە هەموو دەغڵ‌و دانە ئەنبارکراوەکەی پوچەڵ کردن کەئەگەر دە پوتیان لە ئاش بکردایە دووپوتیان دەست نەدەکەوتەوەهەروەها بۆقی بۆناردن ئەوەندە زۆربو کە خواردنیان دادەنا دەچوە ناویەوەو خواردن‌و خواردنەوەیان پڕبوو لە بۆق. وەهەروەها تاقی کرانەوە بەخوێن، ئەمانە هەموویان چەندین بەڵگەی جیاجیابون‌و هەریەکەی پاش ماوەیەك بۆ ئەوەی فیرعەن‌و گەلەکەی واز لە تاوان بهێنن‌و پەیڕەوی موسا بکەن بەڵام ئەوان زیاتر لوت بەرزیان دەکردو دژایەتی موسایان زیاتر پەرەپێدەداو ئەوان گەلێکی تاوانباربوون.

(١٣٤) خۆ هەرکاتێك کەئەوان دەکەوتنە ناڕەحەتیەوەو توشی یەکێك لەو سزایانە دەبوون هاواریان دەکردو دەیان وت: ئەی موسا بانگ بکە پەروەردگارت بۆ رزگاریمان بەهۆی ئەوگفت‌و پەیمانەی کە پێی داویت جا ئەگەر ئەو سزایەمان لەسەر لاببەیت بەراستی باوەڕت پێ دەکەین‌و بەنی ئیسرائیلیشت لەگەڵدا دەنێرین ، بەڵام خوا دەفەرموێ:

(١٣٥) جا هەرکاتێك کە ئێمە ئەو سزایەمان لەسەر لابردون‌و گەیشتون بەوەزعێکی باش ئەوان هەرزۆر بەزوی عەهدو پەیمانی خۆیانیان دەشکاندو دەچونەوە سەر بارودۆخی پێشو

وَجَٰوَزۡنَا بِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡبَحۡرَ فَأَتَوۡاْ عَلَىٰ قَوۡمٖ يَعۡكُفُونَ عَلَىٰٓ
أَصۡنَامٖ لَّهُمۡۚ قَالُواْ يَٰمُوسَى ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَةٞۚ
قَالَ إِنَّكُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ ﴿١٣٨﴾ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ مُتَبَّرٞ مَّا هُمۡ فِيهِ وَبَٰطِلٞ
مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٣٩﴾ قَالَ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡغِيكُمۡ إِلَٰهٗا
وَهُوَ فَضَّلَكُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٤٠﴾ وَإِذۡ أَنجَيۡنَٰكُم
مِّنۡ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ يَسُومُونَكُمۡ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ يُقَتِّلُونَ
أَبۡنَآءَكُمۡ وَيَسۡتَحۡيُونَ نِسَآءَكُمۡۚ وَفِي ذَٰلِكُم بَلَآءٞ مِّن
رَّبِّكُمۡ عَظِيمٞ ﴿١٤١﴾ ۞ وَوَٰعَدۡنَا مُوسَىٰ ثَلَٰثِينَ لَيۡلَةٗ
وَأَتۡمَمۡنَٰهَا بِعَشۡرٖ فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرۡبَعِينَ لَيۡلَةٗۚ وَقَالَ
مُوسَىٰ لِأَخِيهِ هَٰرُونَ ٱخۡلُفۡنِي فِي قَوۡمِي وَأَصۡلِحۡ وَلَا تَتَّبِعۡ
سَبِيلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿١٤٢﴾ وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ
رَبُّهُۥ قَالَ رَبِّ أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِي وَلَٰكِنِ ٱنظُرۡ
إِلَى ٱلۡجَبَلِ فَإِنِ ٱسۡتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوۡفَ تَرَىٰنِيۚ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ
رَبُّهُۥ لِلۡجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكّٗا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقٗاۚ فَلَمَّآ أَفَاقَ
قَالَ سُبۡحَٰنَكَ تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٤٣﴾

که دژایەتی موسا بو بۆیه خوای گەوره رقی لێ هەستاو تۆڵەی یەکجارەکی دنیایی لێ کردنەوه ، وەك دەفەرموێ:

(١٣٦) خۆ ئێمەش تۆڵەمان لێ کردنەوه ، ئەوسا لەناو دەریادا ئەوانمان خنکاند چونکه ئەوان بێ باوەڕبون به نیشانەکانی ئێمه و خۆیان دایه گێلیو گوێیان نەدایه بەرنامەکەی ئێمەو زۆر بێ ئاگابون لێی ، بەم شێوەیه کۆتایی بەتەمەنی فیرعەونو گەله نەزانەکەی هاتو هەمویان لەدەریای نیل دا خنکانو موساو پەیڕەوانی رزگاریان بوو سەروەتو سامانی ئەوان کەوته دەست موساو پەیڕەوانی وەك دەفەرموێ:

(١٣٧) جا ئێمه ئەو گەلەی که لاوازو بێچاره کرابون رۆژهەڵاتو رۆژئاوای ئەو وڵاتەی که فەڕوپیتمان تێدا دانابوو پێدانو کردمانن به خاوەنی سەروەتوسامانی فیرعەونو پەیڕەوانیو بڕیارەجوانو رێکوپێکەکەی پەروەردگارت بوبه خەیروبەیرو رژا بەسەر بەنی ئیسرائیلیدا ئەوەش بەهۆی ئەوەی که خۆیان گرت. واته هۆیەکی گرنگی سەرکەوتن خۆگرتنەو هەر خاوەن باوەڕێك که چاوەڕوانی سەرکەوتن دەکات دەبێ زۆر خۆگر بێو گرفتاریو تەنگو چەڵەمه لاوازی نەکاتو لەسەر کارو تەلاشی ئیسلامی خۆی بەردەوام بێو دڵنیابێ که خوابێ ئاگانیه لێیو بەهانایەوه دێت.

جا خوا دەفەرموێ: ئەوسا ئێمه ئەوەی کەفیرعەونو گەلەکەی دروستیان کردبو له کۆشك وتەلارو جێگای خۆشو باخو بێستان هەمومان لەناوبرد. جا خوای گەوره باسی کۆمەڵێکی نەزانی بەنی ئیسرائیل مان بۆدەکاتو دەفەرموێ:

(١٣٨) خۆ ئێمه بەنی ئیسرائیل مان لەو بەحره پەڕاندەوەو رزگارمان کردن جا ئەوان چاویان کەوت به گەلێك خۆیان لەمەکۆدابو له دەوری بەری چەند بتێکیان دا وتیان: ئەی موسا تۆش بتێك بۆ ئێمه دانێ وەك ئەوان که چەند بتیان هەیه موسایش وتی: بێگومان ئێوه گەلێکی جاهیلو نەفامن خوای گەوره لەو هەموو بەڵاو موسیبەته ئێوەی رزگارکرد کەچی ئێوه داوای بت دەکەن وحەزتان له بت پەرستنه؟!

(١٣٩) بێگومان ئەوانەی کەئەوبتانه دەپەرستن گەلێکی فەوتاون ، وەئەوەی که ئەوان دەیکەن شتێکی بەتاڵه. جا موسا بۆئەوەی کەبیر بکەنەوه نیعمەتەکانی پەروەردگاریان بیر ئەخاتەوە،

(١٤٠) وتی: ئایا من بێجگه له ﷲ داوا بکەم که شتێکی ترخواتان بێ لەحاڵێکدا که ئەو ئێوەی ڕێزدارو گەوره کردوه بەسەر تەواوی خەڵکی زەمانی خۆتاندا؟

(١٤١) ده بیر بکەنەوه لەو کاتەی که ئێمه ئێوەمان رزگارکرد له دەستو دایرەی فیرعەون، ئەو دەستو دایەرەی که هەمو چەشنه سزایەکیان بەئێوه دەچەژاندو کوڕانیان دەکوشتن تابەو شێوەیه ژمارەتان کەم بکاتەوەو لاوازتان بکاتو ئافرەتەکانتانی دەهێشتەوه بۆ خزمەت پێ کردنو پێ رابواردنیان، وەبەراستی ئالەمەدا بەڵایەکی گەورەبوو لەلایەن پەروەردگاری خۆتانەوەو تاقی کردنەوەیەکی گەوره بوو بۆتان. بەڵام سودیان لێ وەرنەگرت. جا هەروا خوا درێژه دەدات له وەبیر خستنەوەیانو دەفەرموێ:

(١٤٢) خۆ بەڵێنمان دا به موسا کەوا سی رۆژله کێوی "تور"دا بمێنێتەوه بۆئەوەی قسەی لەگەڵدا بکەینو تەواومان کرد به ده رۆژی تر. واته ده رۆژی ترمان بۆ زیاد کرد تەفسیر نوسان لەسەر ئەم ده رۆژه ناکۆکیان هەیەو زۆربەیان لەسەر ئەوەن که سی رۆژی مانگی "زی قەعده"یەو ده رۆژەکەشی دەی مانگی "زیحجه"یه جاکاتی پەروەردگاری چل شەوی تەواوبێ کەموزیادبو ، ئینجا کاتێ ویستی بچێت هەروا گەلەکەی بێ سەروبەر بەجێ نەهێشت بەڵکو موسا ئامۆژگاری کردنو

بەهارونی برای وت: لەباتی من دا لەناو گەلەگەم دانیشەو ئیشی چاكو گونجاو ئەنجام بدەو پەیڕەوی خراپەكاران نەكەیت.

(١٤٣) جا لەوكاتەدا كە موسا هات بۆلای ئێمە ، وەپەروەردگاری قسەی لەگەلدا كرد وتی: ئەی پەروەدگارم خۆتم نیشان بدە تا من تەماشات بكەم، فەرموی: تۆ ناتوانی لەدنیادا من ببینی جا چیایەك لەبەرامبەری بو فەرموی: بەلآم تەماشای ئەو چیایە بكە ئەگەر ئەو چیایە خۆی گرت لە شوێنی خۆیدا ئەوسا تۆش دەتوانی من ببینی جا كاتێ پەروەردگار خۆی دەرخست بۆ چیاكە چیاكەی ورد وردو رێزالّ رێزالّ كردو موساش بەبێ هۆشی كەوت ئینجا كاتێ بە خۆ هاتەوەو هۆشی كردەوە وتی خوایە پاكو خاوێنی هەربۆ تۆیەو من گەڕامەوە بۆ لای تۆو پەشیمانم لەوەی كە وتومەو من یەكەم باوەڕدارانی ئەم گەلەم. (ئەبو سەعیدی خدری دەلێ پیاوێكی جولەكە هاتە لای پێغەمبەرﷺ كە زللەیەك درابو لەناوچاوی وتی: ئەی پێغەمبەرﷺ یەكێك لە رەفیقەكانت ئەم زللەیەی لێداوم فەرموی: بانگی بكەن بۆم، ئەوانیش بانگیان كردو وتی: ئەی پێغەمبەرﷺ من دام بەلای ئەو جولەكەدا گوێم لێ بو وتی سوێند بەو كەسەی موسای هەڵبژاردوە بەسەر هەمو بەشەردا منش وتم بەسەر محمد دیشدا؟ رقم هەستاو ئەو زللەیەم لێدا پێغەمبەرﷺ فەرموی:{ لَا تُخَيِّرُونِي مِنْ بَيْنِ الْأَنْبِيَاءِ فَإِنَّ النَّاسَ يَصْعَقُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَأَكُونُ أَوَّلَ مَنْ يُفِيقُ فَإِذَا أَنَا بِمُوسَى آخِذٌ بِقَائِمَةٍ مِنْ قَوَائِمِ الْعَرْشِ فَلَا أَدْرِي أَفَاقَ قَبْلِي أَمْ جُزِيَ بِصَعْقَةِ الطُّورِ /البخاري/ من جیانەكەنەوە لەناو پێغەمبەراندا بەراستی رۆژی قیامەت هەموو خەڵك بێهۆش دەكەوێتو من یەكەم كەس دەبم كە بەهۆش دەێمەوە كەچی موسا دەستی گرتوە بە كۆڵەكەیەك لە كۆڵەكەكانی عەرشەوە نازانم پێش من بەهۆش هاتوەتەوە یان بەهۆی بێهۆش كەوتنی تورەوە چاو پۆشی لێ كراوە }

(١٤٤) خوایش فەرموی: ئەی موسا من تۆم هەڵبژاردوە بۆ خەڵك بەپەیامو وقسەی خۆمو تۆم كردوە بە پێغەمبەریان جا تۆش وەریگرە ئەوەی كە پێت دەدەمو لە ریزی سوپاس گوزاراندابە.

(١٤٥) خۆ ئێمە هەمو شتێكی پێویستی ئەوانمان لەناو ئەو تەختانەی كە بۆمان ناردویت نوسیومانە كەئامۆژگاری زۆرو درێژەدانو رونكردنەوەی هەموشتێكە لەحەرامو حەلاّڵ جا تۆش هەموو هێزی خۆت بخەرەكارەوە بۆ گەیاندنی

قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّى ٱصْطَفَيْتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ بِرِسَٰلَٰتِى وَبِكَلَٰمِى
فَخُذْ مَآ ءَاتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ (١٤٤) وَكَتَبْنَا
لَهُۥ فِى ٱلْأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَىْءٍ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ
شَىْءٍ فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُوا۟ بِأَحْسَنِهَا ۚ سَأُو۟رِيكُمْ
دَارَ ٱلْفَٰسِقِينَ (١٤٥) سَأَصْرِفُ عَنْ ءَايَٰتِىَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ
فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟
بِهَا وَإِن يَرَوْا۟ سَبِيلَ ٱلرُّشْدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا وَإِن يَرَوْا۟
سَبِيلَ ٱلْغَىِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا
وَكَانُوا۟ عَنْهَا غَٰفِلِينَ (١٤٦) وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَلِقَآءِ
ٱلْءَاخِرَةِ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ ۚ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا۟
يَعْمَلُونَ (١٤٧) وَٱتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَىٰ مِنۢ بَعْدِهِۦ مِنْ حُلِيِّهِمْ
عِجْلًا جَسَدًا لَّهُۥ خُوَارٌ ۚ أَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّهُۥ لَا يُكَلِّمُهُمْ وَلَا يَهْدِيهِمْ
سَبِيلًا ۘ ٱتَّخَذُوهُ وَكَانُوا۟ ظَٰلِمِينَ (١٤٨) وَلَمَّا سُقِطَ
فِىٓ أَيْدِيهِمْ وَرَأَوْا۟ أَنَّهُمْ قَدْ ضَلُّوا۟ قَالُوا۟ لَئِن لَّمْ يَرْحَمْنَا
رَبُّنَا وَيَغْفِرْ لَنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ (١٤٩)

بەگەلەكەتو فەرمان بدە بەسەر گەلەكەت دا كەبەجوانی وەری بگرنو پەیڕەوی بكەن بەم زوانە ماڵوجێگای فاسقانتان پیشان دەدەم . ئەمە هەڕەشەیەكی توندە لە تاوانبارانو دەگونجێ مەبەستیش جێگای فیرعەونو دەستو دایەرەكەی بێ بەلاّم ئەوەڵم پێ نزیكترە چونكە ئەمە پاش پەڕینەوەی بەنی ئیسرائیلەو دەفەرموێ:

(١٤٦) بەم زوانە لایان دەدەم لە نیشانەكانی خۆم ئەوانەی كەبەناحەق خۆیان گەورە دەكەن لە سەر زەویدا، واتە تەكەبوری ئەوان دەبێت بەهۆی رقو قینی خواو نائومێدیان دەكات لەباوەڕهێنان، وەئەگەر هەمو بەلگەكان ببینن هەرباوەڕناهێنن بەو بەلگانە، وەئەگەر ڕێگای راستیش ببینن نایكەن بەڕێبازی خۆیان! وەئەگەر ڕێگای خراپ ببینن دەی كەن بەڕێبازی خۆیان! ئەمەش ئەوەنەبێ كە خوا ستەمیان لێ بكات بەلكو لەبەر ئەوەیە كە بێ باوەڕبوون بە نیشانەكانی ئێمە ئەوان بێ ئاگابون و بەهۆی لاساری خۆیانەوە لەراستی تێ نەگەیشتن.

(١٤٧) جا ئەو كەسانەی كە بێ باوەڕبون بە نیشانەكانی ئێمەو بێ باوەڕبون بە رۆژی قیامەتو حیساب، هەرچی كردەوەی چاكیشیان بوبێت هەموی هەڵوەشایەوە، ئەمە بەلگەیەكی

وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ غَضۡبَٰنَ أَسِفٗا قَالَ بِئۡسَمَا خَلَفۡتُمُونِي
مِنۢ بَعۡدِيٓۖ أَعَجِلۡتُمۡ أَمۡرَ رَبِّكُمۡۖ وَأَلۡقَى ٱلۡأَلۡوَاحَ وَأَخَذَ بِرَأۡسِ
أَخِيهِ يَجُرُّهُۥٓ إِلَيۡهِۚ قَالَ ٱبۡنَ أُمَّ إِنَّ ٱلۡقَوۡمَ ٱسۡتَضۡعَفُونِي وَكَادُواْ
يَقۡتُلُونَنِي فَلَا تُشۡمِتۡ بِيَ ٱلۡأَعۡدَآءَ وَلَا تَجۡعَلۡنِي مَعَ ٱلۡقَوۡمِ
ٱلظَّٰلِمِينَ (١٥٠) قَالَ رَبِّ ٱغۡفِرۡ لِي وَلِأَخِي وَأَدۡخِلۡنَا فِي
رَحۡمَتِكَۖ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ (١٥١) إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ
ٱلۡعِجۡلَ سَيَنَالُهُمۡ غَضَبٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَذِلَّةٞ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ
وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُفۡتَرِينَ (١٥٢) وَٱلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ثُمَّ
تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِهَا وَءَامَنُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ
(١٥٣) وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى ٱلۡغَضَبُ أَخَذَ ٱلۡأَلۡوَاحَۖ وَفِي
نُسۡخَتِهَا هُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلَّذِينَ هُمۡ لِرَبِّهِمۡ يَرۡهَبُونَ (١٥٤) وَٱخۡتَارَ
مُوسَىٰ قَوۡمَهُۥ سَبۡعِينَ رَجُلٗا لِّمِيقَٰتِنَاۖ فَلَمَّآ أَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ
قَالَ رَبِّ لَوۡ شِئۡتَ أَهۡلَكۡتَهُم مِّن قَبۡلُ وَإِيَّٰيَۖ أَتُهۡلِكُنَا بِمَا فَعَلَ
ٱلسُّفَهَآءُ مِنَّآۖ إِنۡ هِيَ إِلَّا فِتۡنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَآءُ وَتَهۡدِي
مَن تَشَآءُۖ أَنتَ وَلِيُّنَا فَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَاۖ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡغَٰفِرِينَ (١٥٥)

روونە کە کردەوەی چاکی بێ باوەڕو کافران سودی نابێ بۆ ڕۆژی قیامەت ، چونکە مەرجی پاداشی قیامەت لەسەر چاکە باوەڕبوونە بەو ڕۆژەو هەڵنەوەشاندەوەیەتی بەشیرك‌و پاشگەز بوونەوە، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ: ئایا پاداش درانەوە بەشتێك بێجگە لەو کارو ڕەفتارانەی کە خۆیان کردبویان، واتە هیچ ستەمێکیان لێ نەکراوە بەڵکو تەلاش‌و ڕەفتارەکەی خۆیان هەرئەو پاداشەی لایق بووە وەك وتراوە "چۆن بپێوی وات بۆ دەپێورێت، ئەگەر چاك‌و بەچاك، وەئەگەر خراپ‌و بەخراپ". ئینجا خوای گەورە دەنگو باسی ئەو گەلەی موسا مان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێ کە موسا چو بۆ تور بۆقسەو گفتوگۆ لەگەڵ خوادا کەپاش ئەو کابرایەك بەناوی سامیری لەو زێڕەی کەلە قیبتیەکانەوە دەستیان کەوتبو وێنەی گوێرەکەیەکی دروست کردو مشتێ خاك کەلە ژێرپێی ئەسپی جبرەئیل دا هەڵی گرتبو کردیە دەمی‌و گوێرەکەکە قۆڕاندی کەئەم باسە بەدرێژی لە سورەتی(تاها)دا باسکراوە لێرەش دەفەرموێ:

(١٤٨) پاش ئەوەی کە موسا چو بۆ کێوی تور گەلەکەی لەو زێڕەی کەلایان بو بەدەستی سامیری گوێرەکەیەکیان دروست کرد کەتەنها قۆڕەی لێوە دەهات وەك وتمان جا بەمە خۆش حاڵبوون‌و کردیان بەخوای خۆیان ، بۆیە خوا سەرزەنشتیان دەکات‌و دەفەرموێ: مەگەر ئەوان نابینن کە ئەو خوای ئەوانە هیچ قسەیەکیان لەگەڵدا ناکات‌و بۆ هیچ ڕێگایەك ڕێنماییان ناکات؟ کەچی ئەوان کردیان بە خوای خۆیان!! وەئەوان ستەمکاربوون، ئەگینا چۆن شتی وایان دەکرد بەڵێ، پاش گەڕانەوەی موساو سەرزەنشت کردنیان‌و دەرکردنی سامیری‌و سوتانی گوێرەکە کە زانیان کە هەڵەن ، پەشیمان بونەوە وەك دەفەرموێ:

(١٤٩) لە کاتێکا کەداریان لەدەست کەوت‌و هیچ قسەیەکیان نەبوو زانیان کە بەراستی ئەوان گومڕاه بوون، وتیان: بەراستی ئەگەر پەروەردگارمان ڕەحممان پێ نەکات‌و لێمان خۆش نەبێت ئەوە ئیتر بێ گومان ئێمە لە ریزی زیان لێ کەوت‌و ڕەنجەڕۆیان دا دەبین.

(١٥٠) جا کاتێ کە موسا گەڕایەوە بۆ لای گەلەکەی زۆر تورەو دڵپڕ لەداخ بو لە سەر ئەو ئیشە خراپەی کە گەلەکەی کردبوی، وتی: بەراستی ئێوە خراپترین جێ نشین بون بۆ من ، لە پاش من ئێوە بۆ پەلەتان کرد بەر لەئەوەی کە فرمانی پەروەردگارتان پێ بگات؟ ئینجا موسا کەئەم وەزعەی گەلەکەی بینی زیاتر رقی هەستاو ئەو "لەوحانە"ی کەلە کێوی توردا لەلایەن خواوە وەری گرتبون فڕەیدان‌و پرچی هارونی برای گرت‌و رایکێشا بۆلای خۆی چونکە وای دەزانی کە ئەو کۆتایی کردوە لە ئەمر بەچاکەو بەرگری لە خراپەدا، براکەی وتی: ئەی کوڕی دایکم ئەم گەلە منیان لەدەست خست‌و خەریك بو بمکوژن جا تۆ دادو قاڵ مەکە لەگەڵ منداو دوژمنانم پێ شادمان مەکەو من لە ریزی گەلی ستەمکاراندا دا مەنێ بەراستی من ئامۆژگاریم کردن ، وەبۆ ئەوەش من لێیان جیا نەبوومەوە نەوەك تۆ بڵێیت: لەناو گەلەکەدا دووبەرەکیت دروست کردوە. بەڵێ، موسا زانی کە هارون هیچ تاوانی نیە بۆیە

(١٥١) وتی ئەی پەروەردگارم خۆشبە لەمن‌و لەبراکەم‌و بمان خەرە ناو ڕەحمەت‌و سۆزی خۆتەوەو تۆ لە هەموو بەرەحم‌و بەسۆزەکان بەرەحم‌و بە سۆزتری.ئینجا خوا دەفەرموێ:

(١٥٢) بە بێگومان ئەوکەسانەی کە گوێرەکە(گۆلك)ەکەیان پەرست بەم زوانە غەزەبی پەروەردگاریان‌و سەرشۆڕیان هەرلەم سڕیانەی دنیادا پێ دەگات ، ئەوەبو کە تەوبەی لێ وەرنەگرتن هەتا هەندێکیان هەندێکتان نەکوشت وەك لە سورەتی

"بەقەرە"دا باسمان کرد سەرشۆڕیشن هەتا ڕۆژی قیامەتو بێ خۆبەستنەوە بەخەڵك نازین، وەهەر ناوەها ئێمە تۆڵە لەو کەسانەی وەردەگرین کە درۆ بەدەمی ئێمەوەدەکەن. جا ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندیشە لەبەناو موفتیانی ئەم سەردەمە کە بێ ئەوەی ئاگاداری ئایین بن فتوا بەناو خواو پێغەمبەرەوە ﷺ دەدەن. ئینجا خوا دەفەرموێ:

(١٥٣) جا ئەوکەسانەی کە کرداری خراپیان کردوەو لەپاشا گەڕاونەتەوە پاش ئەو کردارە خراپانەو تەوبەیان کردو باوەڕیان هێنا بێگومان پەروەردگارت ئەی محمدﷺ لەپاش ئەو تاوانانەیش کە کردیان زۆر لێ خۆش بوو بەسۆزە بۆ بەندەکانی. ئەی مرۆڤی لەخۆ بایی‌و گەنەکێڵ بەراستی ئەمە موژدەیەکی زۆر خۆشە بۆ تاوانبارانێ کە پەشیمان دەبنەوە ، بەڵێ ، نابێ کەس نائومێد بکرێت لە سۆزو ڕەحمەتی خوا هەرچەند تاوان کاریش بێ مادام لەژیاندابێت. ئینجا خوا دەفەرموێ:

(١٥٤) جا لەکاتێکدا کە توڕەییەکەی موسا هێواش بوویەوە ئەوسا ئیتر لەوحەکانی هەڵگرتەوە ئەو لەواحانەی کەلە بەر تۆڵەسەندنەوە لەفرمان شکێنانی خوا داینان ، وەنەوەی کە نوسرابوو لە ناو ئەو لەواحانەدا هەم هیدایەتو ڕێنمایو هەم ڕەحمەت بوو بۆ ئەو کەسانەی کە دەترسان لە پەروەردگاریان، لەوح: واتە تەختە هەندێك دەڵێن: لە گەوهەری بەهەشت بوون والله اعلم، ئینجا خوا درێژە بەباسی موساو گەلەکەی دەدات بۆ پێغەمبەرمانﷺ و دەفەرموێ:

(١٥٥) ئەوسا موسا لەگەلەکەی حەفتا نەفەری هەڵبژارد بۆ ئەوەی کە بچن بۆ ئەو جێگایەی کە موسا قسەی لەگەڵ ئێمەدا دەکات لە کاتی دیاریکراوماندا، دەڵێن: موسا عليه السلام حەفتا پیاوی چاکی بەنی ئیسرائیلی هەڵبژاردو پێی وتن: ئێوە بە نوێنەری باقی خەڵکەکەی ترەوە بچن‌و پەشیمانی خۆتان لەوەی کەکردوتانە دەربڕن‌و داوای لێ بکەن کە تۆبەی ئێوەو باقی خەلکەکەی تر وەرگرێت‌و ڕۆژو بگرن‌و خۆتان پاك بکەنەوەو پۆشاکتان خاوێن بکەنەوە، جا موسا ئەمانەی برد بۆ کێوی تور لەوکاتە دیاری کراوەدا . موسا نەدەهات بۆ کێوی تور مەگەر خوا خۆی ماوەی پێ بدایە . ئەم حەفتا کەسەیش بەموسایان وت:داوا بکە لە پەروەردگارت با ئێمەش گوێمان لە فەرمودەی خوابێت کاتێ کەگفتوگۆ لە گەڵ تۆدا دەکات موسایش وتی: وادەکەم، کاتێك موسا نزیکی چیاکە کەوتەوە کۆڵەکەیەکی هەور

۞ وَٱكۡتُبۡ لَنَا فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِنَّا
هُدۡنَآ إِلَيۡكَۚ قَالَ عَذَابِيٓ أُصِيبُ بِهِۦ مَنۡ أَشَآءُۖ وَرَحۡمَتِي
وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ فَسَأَكۡتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤۡتُونَ
ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٥٦﴾ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ
ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلۡأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكۡتُوبًا عِندَهُمۡ
فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ يَأۡمُرُهُم بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَىٰهُمۡ
عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ
ٱلۡخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنۡهُمۡ إِصۡرَهُمۡ وَٱلۡأَغۡلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتۡ
عَلَيۡهِمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُواْ
ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿١٥٧﴾ قُلۡ
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ٱلَّذِي
لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ
فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِيِّ ٱلۡأُمِّيِّ ٱلَّذِي يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ
وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ ﴿١٥٨﴾
وَمِن قَوۡمِ مُوسَىٰٓ أُمَّةٞ يَهۡدُونَ بِٱلۡحَقِّ وَبِهِۦ يَعۡدِلُونَ ﴿١٥٩﴾

بەسەر چیاکەدا کەوتو کەم کەم چیاکەی داپۆشی‌و موسا لێی نزیك کەوتەوەو چوە ناو هەورەکەوەو وتی: بە ئەوانەیش کەلەگەڵیا بوون نزیك ببنەوە جاموسا کاتێك کەخوا قسەی لەگەڵدا دەکرد روناکیەکی وا دەیدا بەناو چاویدا کە هیچ بنیامێك نەی دەتوانی تەماشای بکات ئەوسا پەردەیەکی بۆدانراو گەلەکەیشی نزیك بوونەوە هەتا چونە هەورەکەوەو هەمویان بەشێوەی سوجد بردن سوجدەیان کرد جا لەو کاتەدا گوێیان لە گفتوگۆی خوابو لەگەڵ موسادا فەرمانی پێدەداو دەیفەرمو بیکەو لەهەندێ شت بەرگری دەکردو دەیفەرمو نەیکەیت، کاتێ لە فەرمانەکانی بویەوە هەورەکەنەماو موسا بەرەو لای ئەوان گەڕایەوە، ئەوانیش وتیان: ئەی موسا ئێمە باوەڕت پێ ناکەین هەتا خوا بەچاوی خۆمان نەبینین، ئینجا دەنگێکێ توند هاتو هەمویان مردن ئیتر موسایش زۆر دڵتەنگ بوو دەستی کرد بەتکاو لاڵە لە خواو چاوەڕێ بوو کە خوا وەڵامی بداتەوە وەك دەفەرموێ: کاتێ کە ئەو دەنگە لێیدان موساوتی: ئەی پەروەردگارم ئەگەر ئارەزۆت لێبوایە پێش ئەوەی کە ئێمە بێینە ئێرە ئەوانت دەکوشتو منیش ئایا ئێمە لەناو دەبەیت بەهۆی ئەو کردارەی کە گێل‌و کەم عەقڵەکانی ئێمە کردویانە کە ئەوەش بێجگەلە تاقی کردنەوەیەکی خۆت شتێکی ترنیەو هەر خۆتی بەو تاقی کردنەوە گومڕا دەکەیت

وَقَطَّعۡنَٰهُمُ ٱثۡنَتَيۡ عَشۡرَةَ أَسۡبَاطًا أُمَمٗاۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ
إِذِ ٱسۡتَسۡقَىٰهُ قَوۡمُهُۥٓ أَنِ ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡحَجَرَۖ
فَٱنۢبَجَسَتۡ مِنۡهُ ٱثۡنَتَا عَشۡرَةَ عَيۡنٗاۖ قَدۡ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٖ
مَّشۡرَبَهُمۡۚ وَظَلَّلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلۡغَمَٰمَ وَأَنزَلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَنَّ
وَٱلسَّلۡوَىٰۖ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡۚ وَمَا
ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ﴿١٦٠﴾ وَإِذۡ
قِيلَ لَهُمُ ٱسۡكُنُواْ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةَ وَكُلُواْ مِنۡهَا حَيۡثُ
شِئۡتُمۡ وَقُولُواْ حِطَّةٞ وَٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا نَّغۡفِرۡ
لَكُمۡ خَطِيٓـَٰٔتِكُمۡۚ سَنَزِيدُ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٦١﴾
فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡ قَوۡلًا غَيۡرَ ٱلَّذِي قِيلَ لَهُمۡ
فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِجۡزٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُواْ
يَظۡلِمُونَ ﴿١٦٢﴾ وَسۡـَٔلۡهُمۡ عَنِ ٱلۡقَرۡيَةِ ٱلَّتِي كَانَتۡ
حَاضِرَةَ ٱلۡبَحۡرِ إِذۡ يَعۡدُونَ فِي ٱلسَّبۡتِ إِذۡ تَأۡتِيهِمۡ
حِيتَانُهُمۡ يَوۡمَ سَبۡتِهِمۡ شُرَّعٗا وَيَوۡمَ لَا يَسۡبِتُونَ
لَا تَأۡتِيهِمۡۚ كَذَٰلِكَ نَبۡلُوهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ ﴿١٦٣﴾

ئەوكەسەی کە ئارەزۆت لێ بێو ڕێنمای دەکەیت ئەوکەسەی کە ئارەزۆت لێ بێ، تۆهەرخۆتیت سەرپەرشتی ئێمە سا چاوپۆشیمان لێ بکەو بەزەییت بێت پێماندا، وەتۆ چاکترینی هەموو چاوپۆشیکەرانی.

﴿١٥٦﴾ وەئەی خودایە لەم دنیادا چاکەمان بۆ بنوسەو هەربە چاکەوە خەریك بین، وەلە ڕۆژی دوایشدا هەرچاکەمان پێ بدە، بەبێگومان کەئێمە گەڕاینەتەوە بۆلای تۆو پەشیمانین، خوایش لە وەڵامی پاڕانەوەی موسادا فەرموی: سزاکەم دەدەم بەسەر هەرکەسێکدا کە ئارەزۆم لێ بێ سزای بدەمو سۆزەکەیشم هەموو شتێك دەگرێتەوە جابەم زوانە ئەو سۆزەی خۆم دەنوسم بۆ ئەو کەسانەی کەلە خوای خۆیان دەترسنو زەکات دەدەنو ئەو کەسانەی کە بەنیشانەکانی ئێمە باوەڕدەهێنن، جا خوا زیاترپێناسەی ئەو کەسانەمان بۆدەکاتو دەفەرموێ:

﴿١٥٧﴾ ئەو کەسانەن کە پەیڕەوی دەکەن لەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارەی کە لە لای ئەو جولەکەو فەلانە لەناو تەوراتو ئینجیل دا ناوی ئەویان بەتۆمار کراوی دەست دەکەوێت، کە فەرمانیان پێدەکات بە چاکەکردنو بەرگریان دەکات لە خراپە کردنو هەموو شتێکی پاکیان بۆ حەڵاڵ دەکاتو هەموو شتێکی پیسیان لێ قەدەغە دەکاتو ئەو بارە قورسانەی کەلەسەرشان ئەوانبووە لایدەبات وەك خۆشۆردن بۆخۆپاك گردنەوەلەمیزو نەخەوتنو نەخواردن لەگەڵ ئافرەتی حەیزداراداو بچڕاندنی پۆشاك کاتێ کەتکەیەك میزی پێوە بدرایە، وەئەو کۆتو زنجیرەی کەلە سەر ئەوان بووە ، وەك خۆکوشتنەوە لەباتی تەوبەداو قەدەغە بوونی ئیش لەڕۆژی شەممەدا ، لەسەر ئەوانەی کە پەیڕەوی دەکەن لایدەبات جا ئەوکەسانەی کە باوەڕیان پێ هیناوو پشتیوانیان لێ کردوو یارمەتیان داوو پەیڕەوی ئەو قورئانەیان کرد کە بۆ ئەو رەوانە کراوە بەراستی ئائەوانە سەرکەوتو رزگارن، ئینجا خوا روبە پێغەمبەری ئازیزمانﷺ دەفەرموێ:

﴿١٥٨﴾ ئەی محمدﷺ بڵێ: ئەی خەڵکینە بێگومان کە من پێغەمبەری خودامو رەوانە کراوم بۆلای ئێوە هەموتان، کە تەنها ئەو خاوەنی ئاسمانانو زەوییەوهیچ پەرستراوێکی راستەقینەی تر بێجگە لە ئەو نیە کە هەر ئەوەزیندوو دەکاتەوەو دەمرێنێ دەسا ئێوەش باوەڕبهێنن بە ٱللهِ وبەئەو نێرراوەی کە ئەوپێغەمبەرە نەخوێندەوارەیە کە باوەڕی هەیە بە خواو بە فەرمودەو فەرمانە کانیو ئێوەش پەیڕەوی بکەن بەڵکو ڕێگای راست بدۆزنەوە. ئەمەش بەر پەرچدانەوەیەکی توندەبۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن: پێغەمبەرﷺ لەئەوەڵەوە هەرخەڵکی مەکەی مەبەست بووە پاش تر عەرەبو لەپاشا تەماع گرتیو بانگی هەموو خەڵکی کردوە، چونکە ئەم سورەتە مەکیەو هەرلە سەرەتاوە بانگەوازەکەی بۆ هەموو خەڵك بووە وەك دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ../ سبأ: ٢٨ وە ئیمە تۆ مان رەوانە نەکردوە مەگەر بۆ گشت خەڵك..﴾

﴿١٥٩﴾ وەلە ناو گەلی موسادا واتە بەنی ئیسرائیل تاقمێك هەن کە ڕێگای راست دەدۆزنەوە کە پەیڕەوی کردنیانە لە قورئانو بەو هۆیەوەراست دەڕۆن. واتە گەلی موسا هەمویان وەکو یەك نەبوونو نین بەڵکو لەناو ئەو گەلەدا کەسانێك هەن کە راستی بزانن و پەیڕەوی لەراستی بکەن وەك: عەبدوڵای کوڕی سەلامو سەدانی تریش . ئینجا لێرە بەدواوە تا کۆتایی ئایەتی سەدوشەستودووله سورەتی"بەقەر"ەدا بە کەمێ جیاوازییەوە هاتوەو لێرە بەپەلە تر بەسەریا دەڕۆین. دەفەرموێ:

﴿١٦٠﴾ خۆ ئەوانمان کرد بە دوانزە بەرەبابو دوانزە تیرەو وەحیمان کردە لای موسا کاتێك کە گەلەکەی داوای ئاویان لێ کردو وتمان: عەساکەت لەو بەردە بدە؟دیارە موسایش

فەرمانەکەی جێ بەجێکردوعەساکەی لێدا کتو پڕ دوانزە کانی لەو بەردە هاتەدەرەوە هەرکانیەك بۆ یەك بەرەباب، هەمو بەرەبابێك کانی خۆی دەناسیو لەوەی خۆی سودی دەبردو بەم شێوە لەشەڕو دەمە قاڵەی سەرئاو رزگاریان بو، ئینجا خوا باسی نیعمەتێکی تری دەکات بۆ ئەوانو دەفەرموێ: وەبەهەور سێبەریشمان بۆکردنو گەزۆو شیلاقەمان پێدان واتە خۆشترین شیرینیو بەتام ترین گۆشتی پێدان، ئینجا خوای گەورە پێی فەرمون: بخۆن لەو شتەپاکانەی کە ئێمە پێمان داونو ئەوان ستەمیان لە ئێمە نەکردوە بەڵکو ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردوە واتەلەو ئیشە ناپەسەندو خراپەیان تەنها زیانیان بەخۆیان گەیاندوە، دیسان خوا دەفەرموێ:

(١٦١) دەی باس بکە بۆیان ئەو کاتەی کە پێیان وترا بچن لەو گوندەدا بۆ خۆتان دانیشنو بخۆن لە هەرکوێدا کە ئارەزۆتان لێ هەیەو بڵێن خوایە ئەو گوناهانەی کەکردوومانە لەسەرمان لابەو بەحاڵەتی سوجدەبردنەوە لەو دەرگانەوە بچنەناوەوە جا ئەگەر واتان کرد ئێمەش لەگوناهەکانتان خۆش دەبینو لەمەولا پێاوی چاکەکەرتان زۆر دەکەین ، پاداشتی چاکەکاران زیاد دەکەین.

(١٦٢) بەڵام ئەو ستەمکارانەی ناوئەوان ئەوقسەیان گۆڕی بەقسەیەکی تر بێجگەلەوەی کە پێیان وترابو ئەوسائێمەش لە ئاسمانەوە سزامان بۆناردن بەهۆی ئەو ستەمەی کەکردیان. دەڵێن: لەباتی ئەمەدا کە بڵێن خوایە تاوانەکانمان لەسەر لابە دەیان وت: خوایە گەنمان پێ بدە واتە لەباتی(حطة) ، (حنطة)یان دەوت هەربۆیە خوا رقی لێ هەستانو سزای بۆناردن. ئینجا خوا بە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:

(١٦٣) ئەی محمدﷺ لەبارەی ئەو گوندەی کەلەسەر دەریایی "قەلزەم" بوو پرسیاریان لێ بکە ئەوکاتەی کە لە شەممەدا دەستدرێژیان کردو فرمانی خوایان شکاند ئەوکاتەی کە ماسیەکان لەرۆژی شەممەدا بەزۆری دەهاتنو ئەو رۆژەی کە رۆژی شەممەیان نەبوایە نەدەهاتن هەر ئابەم شێوەیە ئێمە ئەوانمان گرفتار کرد بەهۆی ئەوەی کەئەوان هەمووسنورێکیان بەزاندبوو. ئەمەش دەمکوتێکە بۆ ئەوانەی کەوا دەزانن بەرژەوەندی (المصلحە) هەموو شتێکەو وەك خوا دەیپەرستن؟! ئینجا خوای زانا بەسەرهاتێکی تری ئەوانمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا ۙ اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ
عَذَابًا شَدِيدًا ۖ قَالُوا مَعْذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ (١٦٤)
فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ أَنجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ
وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ
(١٦٥) فَلَمَّا عَتَوْا عَن مَّا نُهُوا عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ
(١٦٦) وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن
يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ ۗ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ ۖ وَإِنَّهُ
لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ (١٦٧) وَقَطَّعْنَاهُمْ فِي الْأَرْضِ أُمَمًا ۖ مِّنْهُمُ
الصَّالِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَٰلِكَ ۖ وَبَلَوْنَاهُم بِالْحَسَنَاتِ
وَالسَّيِّئَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (١٦٨) فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ
وَرِثُوا الْكِتَابَ يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا الْأَدْنَىٰ وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا
وَإِن يَأْتِهِمْ عَرَضٌ مِّثْلُهُ يَأْخُذُوهُ ۚ أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِم مِّيثَاقُ الْكِتَابِ
أَن لَّا يَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ وَدَرَسُوا مَا فِيهِ ۗ وَالدَّارُ الْآخِرَةُ
خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (١٦٩) وَالَّذِينَ يُمَسِّكُونَ
بِالْكِتَابِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ الْمُصْلِحِينَ (١٧٠)

(١٦٤) دەی وەبیر بخەرەوە ئەو کاتەی کە تاقمێك لەوان وتیان: بۆ ئامۆژگاری گەلێ دەکەن کە خوا فەوتاندونی؟ جا ئەمە دەگونجێ هەر ئەو کۆمەڵەبن کەبە شێوەی ناڕەوا دەستیان کرد بەماسی گرتنو کۆمەڵێك ئامۆژگاری کردبن جاکۆمەڵێکی تر پاش چەند ئامۆژگاریو بێ سود بوونی وتیان: بۆئامۆژگاری گەلێ دەکەن کە خوا فەوتاندونی یان سزایان دەدات؟ وتێان بۆیە ئەمە دەکەین تابەهانەیەك بێ بۆمان لای پەروەردگارتان واتە فرمان بەچاکەو بەرگری لە خراپە ئەرکی سەرشانمانەو بەهیوای ئەوەش بەڵکوخۆبپارێزن لە تاوانو خراپە. ئەوسا خوا دەفەرموێ:

(١٦٥) جا لە کاتێکدا کەلەبیریان چویەوە ئەوەی کە ئامۆژگاریان پێ کرابوو هەر سوربوون لەسەر راوەماسی لە شەممەدا ئەوساخوا سزای بۆناردن وەك دەفەرموێ: رزگارمان کرد ئەوکەسانەی کەبەرگریان دەکرد لە خراپەو هیچ زیانێکیان توش نەهات، بەڵام سەبارەت بەتاوان باران دەفەرموێ: وەتۆڵەمان سەندەوە لەوکەسانەی کە ستەمیان کردبو بەسزایەکی زۆر توند بەهۆی ئەوەی کەلە سنور دەرچوبوون.

(١٦٦) جا لەو کاتەی کەسەرکەشیان کردو لە فرمانی خوا لایانداو خەریکی ئەوەبوون کە بەرگریان لێ کرابو لەوکاتەدا

۞ وَإِذۡ نَتَقۡنَا ٱلۡجَبَلَ فَوۡقَهُمۡ كَأَنَّهُۥ ظُلَّةٞ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُۥ وَاقِعُۢ بِهِمۡ
خُذُواْ مَآ ءَاتَيۡنَٰكُم بِقُوَّةٖ وَٱذۡكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿١٧١﴾
وَإِذۡ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِيٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَأَشۡهَدَهُمۡ
عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَلَسۡتُ بِرَبِّكُمۡۖ قَالُواْ بَلَىٰ شَهِدۡنَآۚ أَن تَقُولُواْ يَوۡمَ
ٱلۡقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنۡ هَٰذَا غَٰفِلِينَ ﴿١٧٢﴾ أَوۡ تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أَشۡرَكَ
ءَابَآؤُنَا مِن قَبۡلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةٗ مِّنۢ بَعۡدِهِمۡۖ أَفَتُهۡلِكُنَا بِمَا فَعَلَ
ٱلۡمُبۡطِلُونَ ﴿١٧٣﴾ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ وَلَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ
﴿١٧٤﴾ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا
فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ وَلَوۡ شِئۡنَا
لَرَفَعۡنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخۡلَدَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُۚ فَمَثَلُهُۥ
كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ إِن تَحۡمِلۡ عَلَيۡهِ يَلۡهَثۡ أَوۡ تَتۡرُكۡهُ
يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۚ فَٱقۡصُصِ
ٱلۡقَصَصَ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٧٦﴾ سَآءَ مَثَلًا ٱلۡقَوۡمُ ٱلَّذِينَ
كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَأَنفُسَهُمۡ كَانُواْ يَظۡلِمُونَ ﴿١٧٧﴾ مَن يَهۡدِ ٱللَّهُ
فَهُوَ ٱلۡمُهۡتَدِيۖ وَمَن يُضۡلِلۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿١٧٨﴾

پێمان وتن ببن به مەیمونێکی ناشیرین، بەڵێ، خوا بەوشێوەیە ئەو گەلەی لە دنیادا سزاداو کردنی بە مەیمون، ئینجا خوا دەفەرموێ:

﴿١٦٧﴾ جا باس بکە ئەوکاتەی کە پەروەردگارت ڕایگەیاند کە بەدڵنیاییەوە هەمیشە کەسانێك دەنێرمە سەر جولەکە کە خراپترین سزایان بدات هەتا ڕۆژی قیامەت بێگومان کە خوای تۆ زۆر بەپەلەیە لەتۆڵە سەندنەوەداو بێگومان کە ئەوزاتەزۆر لێ خۆشبووو بەرەحمە بۆ ئەوکەسانەی کە دەگەڕێنەوەو تەوبە دەکەن. واتە جولەکە تالەسەر ئەو بیرو باوەڕەبن هەرگیز خۆشی بەخۆیانەوە نابینن‌و سەربەخۆ نابن‌و ناپارێزرێن مەگەر کەسانێکی بەهێزتر لە خۆیان پشتیان بگرێت وەك زل هێزەکانی ئەمڕۆ، ئینجا دەفەرموێ:

﴿١٦٨﴾ ئەوسا لە زەویدا ئەوانمان کرد بەچەندگەل و تیرەو تاقمێك کە لەناو ئەواندا مرۆڤی باشیان هەبوە کە باوەڕی هێناوەو موسڵمان بووەو هەندێکیان ئاوەها نەبوون‌و باوەڕیان نەهێناوەو بەکافری مردوون دەمرن، وەئەوانمان تاقی کردەوە بەدەسەڵات‌و بەزۆری نیعمەت‌و بەهەرزانی‌و بە بەڵاو موسیبەت‌و ناڕەحەتیش بەڵکو بگەڕێنەوە بەڵام ئەوان سودیان لێ وەرنەگرتوە. ئینجا خوا فەرموێ:

﴿١٦٩﴾ جا لە پاش ئەوان کۆمەڵێکی تری بێ خەیرهاتن کەئەم کتێبەیان لەباب‌و باپیرانیانەوە بۆ مابووەوە کەبەگۆڕینی ئایەتەکانی ئەو کتێبە کەلوپەلێکی ئائەم دنیا بێ نرخەیان پێ وەر دەگرت‌و ئایەتەکانی خوایان دەگۆڕییەوە بەشتێکی زۆرکەم.
پێویستە ئەوەش بزانین کەهەمو دنیا بدرێت بەکەسێك لەسەر گۆڕاندنی ئایەتێکی خوا ئەوکەسە زیانی لێ کەوتوە چونکە ئەم زیانە زۆر کورتەو هەردەبێت دەرچێت لێی پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت، جا ئەمانە تاوانیان دەکردو کاتێك کەئامۆژگاری دەکران دەیان وت: هەر ئەمجارەیەوبەم زووانە خوا لێمان خۆش دەبێت ، وە ئەگەر هەم کەلو پەلێکی تری وەکو ئەوەی پێشویان دەست کەوتایەوە دیسان ئەوتاوانەی پێشویان دەکردەوە واتە ئەگەر چی بەدەم دەیان وت: بەم زووانە خوا لێمان خۆش دەبێت بەڵام هەمیشە بەردەوام بوون لەسەر تاوان، بۆیە خوا سەرزەنشتیان دەکات‌و دەفەرموێ: ئایا لەو کتێبەدا پەیمانی پتەویان لێ وەرنەگیراوە کەنابێ قسەی ناڕەوا بەدەم خواوە بکەن؟ کواو لە کوێدا نوسراوە کە ئێوە تاوان بکەن‌و گوێی مەدەنێ چونکە خوا لێتان خۆش دەبێ؟ دەی بۆ درۆبەدەم خواوە دەکەن وسەر لە خۆتان‌و خەڵکیش تێك دەدەن؟بەداخەوە ئەمڕۆیش بەهەرکەس دەڵێیت تاوان مەکە دەڵێ: خوا بەرەحمە. ڕاستەکە خوا بەرەحمە بەڵام تۆڵەکەیشی زۆر سەختە. جا خوا سەرزەنشتی ئەو کەسانە دەکات‌و دەفەرموێ: خۆیشیان لەو کتێبەدا ئەمەیان خوێندوەتەوە کەبەردەوام بوون لە سەر تاوان ، تاوانێکی گەورەیەو خوا چاو پۆشی لێ ناکات.
ئینجا خوای میهرەبان هەڵیان دەنێ بۆ بیر کردنەوەو گەڕانەوە بەرەو ئاینی خواو دەفەرموێ: بەڕاستی ماڵی دوایی چاکە بۆ ئەوانەی کە خۆیان دەپارێزن لەو شتانەی کەدەبنە هۆی ڕق‌و قینی الله ئایا ئێوە ژیریتان ناخەنەکارەوە تا تێ بگەن‌و بزانن کە هەرئەو جێگایە چاکە؟ بەڵێ بەڕاستی ئەو جێگا بەنرخەیە کەحەقە مرۆڤ هەموو سەختیەکی لە پێناویدا بەدڵ‌و بەگیان وەرگرێت، ئینجا خوا وەسف‌و سەنای ئەوکەسانە دەکات کەبەهۆی بیرکردنەوە لەو کتێبەی لایانە پەیڕەوی پێغەمبەرمانﷺ دەکەن‌ودەفەرموێ:

﴿١٧٠﴾ ئەوسا ئەوکەسانەی کەدەست دەگرن بەو کتێبەوەو نوێژ دەکەن ئەوانە چاکەکارن‌و بەبێگومان ئێمەش پاداشتی پیاو چاکان زایەناکەین. واتە وەك لەپێشدادەستیان بەتەوراتەوە گرتووە بەڕاستی لەپاشداباوەڕیان بەم قورئانەش هێناوە.

ئینجا خوا بەسەرهاتێکی تری جولەکەمان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

١٧١ دەی باس بکە بۆیان ئەوکاتەی کە ئەو چیایەمان لەبن دەرهێناو بەرزمان کردەوە بەسەریاندا وەك ئەوەی کە هەورێك بێ بەسەریانەوەو رامانگرت. ئیتردڵنیابوون کەئەمە دەکەوێت بەسەریاندا، پێمان وتن: بەهەموو هێزو توانای خۆتانەوە ئەم پەیامە هەڵگرن وەبیربکەنەوە لەوشتانەی کەلەو پەیامەدایە تا زیاتر لە خوا بترسن‌و باشتر خۆتان لە تاوان بپارێزن. دەڵێن کاتێك موسا ﷺ لەوحەکانی هەڵگرت‌و بردنی بەرەو بەیتولوقەدەس‌و فرمانەکانی خوای پێ راگەیاندن بەلایانەوە قورس بوو بۆیە خوا ئەو چیایەی هەڵکەندو بەسەرئەواندا رایگرت‌و فەرموی: بگرن ئەوەی کە ئێمە پێمان داون‌و هەوڵی بۆ بدەن ، نەك بە شێوەیەکی سادەو سەردەستیانە بیری لێ بکەنەوە ، چونکەئەوە پەیامی خوایەو پێویستە موسڵمانان بەدڵ‌و بەگیان هەوڵی بۆ بدەن‌و هەمو توانایان بخەنە کاربۆی ئەگینا خوای خاوەن دەسەڵات لە هەردوو ژیانماندا سەرشۆڕو داماومان دەکات کەسێکیش کەخوا سەر شۆڕی بکات بەکەس سەربەرزنابێت. بەداخەوە ئەمرۆ کەئێمە خۆمان بەموسڵمان دەزانین کەچی بێجگەلە چەند شیعارێك کە ئەویش زۆربەیان بێ ناوەرۆك‌و پوچن هەموو یاساو فرمانەکانی ئاینمان پشت گوێ خستوەو لای هەندێکیشی باسکردنیان تاوانە؟ لەوڵاتی ئیسلامی‌و لەلای ئەولادی موسڵمان ئیشی ئیسلامی‌و هەوڵدان بۆ ئیسلام‌و سەقامگیر کردنی یاساکانی قەدەغەیە!! ولاحول ولاقوة إلابالله.

ئینجا خوای گەورە خەبەرمان پێ دەدات کەنەوەکانی پاش ئادەم هەموویان شایەتی دەدەن لەسەر خۆیان کە خوا پەروەردگارو خاوەنیانەو دەزانن کەهیچ پەرستراوێکی راستەقینە نیە بێجگە لە خوا چونکە خوا مرۆڤی لەسەر ئەو بیرو باوەڕە راستە دروست کردوەو دەفەرموێ:

١٧٢ ئەی محمدﷺ باس بکە بۆیان ئەو کاتەی کە پەروەردگارت لەنەوەی ئادەم لەپشتیاندا پەیمان‌و عەهدی وەرگرتوەو خۆیانی کردوە بەشایەت لە سەر نەفسی خۆیان‌و پێی فەرموون: ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟ ئەوانیش وتیان: بەڵێ، تۆ پەروەردگاری ئێمەیت ، شایەتیمان دا، تالە رۆژی قیامەتدا نەڵێن ئێمە لەم بارەوە بێ ئاگایین ئەم ئایەتە بەدوو جۆر مانای لێدراوەتەوە یەکەمیان مەبەست ئەوەی ئادەمەو هاتنە دنیاو بینینی ئەو هەمو دروستکراوە جۆراوجۆرانە، کە بەڵگەن لەسەر پەروەردگاریی‌و خاوەنییەتی‌و پەرستراوی راستەقینە کە خوایە، مانای دووهەمیان ئەوەیە کە کاتی خۆی خوا کە ئادەمی دروست کرد لەپشتی ئادەم هەرچی نەوەی هەیە وەکو زیندەوەرێکی زۆر ورد بووە لە پشتی ئادەمدا دەرهێناوەو پێی فەرمون: ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ﴾ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟ ﴿قَالُوا بَلَىٰ﴾ وتیان: بەڵێ، تۆ پەروەردگاری ئێمەیت، جا خوا فەرموی بۆیە ئەمەتان ئێستا پێ دەڵێم ﴿أَن تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَافِلِينَ﴾ تا ئێوە لە رۆژی قیامەتا نەڵێن ئێمە لەمە بێ ئاگایین‌و هیچمان پێ نەوتراوە.

١٧٣ یان بڵێن: هەرباب‌و باپیرانمان بوون لە پێشەوە کەهاوبەشیان داناوە بۆ خواوئێمە نەوەی ئەوانین‌و پاش ئەوان هاتوین‌و پەیڕەویمان کردوون ئایا تۆ لەناومان دەبەیت‌و سزامان دەدەیت بەئیشێ کەلەسەرەتادا بەتاڵ کاران کردویانە؟ لەم بارەوە چەندین فەرمودەی راست هەیە لەوانە فەرمودەی{ مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلَّا يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ/البخاری/ هەرمناڵێك کەلە دایك دەبێ لەسەر بیرو رایەکی پاك‌و راست پەیدا دەبێت بەڵام لەپاشا باوك‌و دایکیان دەیکەن بەجولەکە یان فەلە یان ئاگرپەرست} هەروەها پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ:خوای باڵا دەست دەفەرموێ:{ وَإِنِّي خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمُ الشَّيَاطِينُ فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينِهِمْ وَحَرَّمَتْ عَلَيْهِمْ مَا أَحْلَلْتُ لَهُمْ /مسلم/ خوا دەفەرموێ: من بەندەکانی خۆمم لەسەر بیرورایەکی پاك‌و دور لە شیرك دروست کردوە پاشان شەیتانەکان هاتن‌و لایان دان لە ئاینەکانیان‌و حەرامی کرد لێیان ئەوەی کەمن حەڵاڵم کردبوو بۆیان } هەروەها پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {بە پیاوێك کە لەناو ئاگری دۆزەخ دایە لەرۆژی قیامەتدا دەوترێت ئایا ئەگەر ئەو هەمو سەروەت‌و سامانەی سەر دنیا هی تۆ بوایە دەتدا بۆئەوەی کە ئەمرۆ لەم ئاگرە رزگارت ببێ؟ کابرا دەڵێ:بەڵێ، خوا دەفەرموێ: من شتێکی زۆر ئاسان تر لەوەم داواکرد لە تۆ، من پەیمانم لەتۆ وەرگرت کاتێ کەلە پشتی ئادەم دا بویت کە هیچ هاوبەشم بۆ دانەنێیت بەڵام تۆ ئەوەت پەسەند نەکردو هاوبەشت بۆدانام} وەلە فەرمودەیەکی تردا کە ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا بۆمان باس دەکات‌و دەڵێت: ئیبنو عەباس لە پێغەمبەرەوەﷺ دەیگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: {أَخَذَ اللَّهُ الْمِيثَاقَ مِنْ ظَهْرِ آدَمَ بِنَعْمَانَ يَعْنِي عَرَفَةَ فَأَخْرَجَ مِنْ صُلْبِهِ كُلَّ ذُرِّيَّةٍ ذَرَأَهَا

فَنَثَرَهُمْ بَيْنَ يَدَيْهِ كَالذَّرِّ ثُمَّ كَلَّمَهُمْ قِبَلًا قَالَ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ أَوْ تَقُولُوا إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِنْ قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِنْ بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ / أحمد، صححه الألباني/ بەراستی ﷲ پەیمانی وەرگرت لەپشتی ئادەم کاتێ کەئادەم لە عەرەفات بوو هەموو ئەوانەی کە پەیدا دەبن لەئادەم دەریهێناو لەپێش دەستیا بڵاوی کردەوە، ئینجا روبەڕوقسەی لەگەڵدا کردنو فەرموی: ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟ وتیان: بەڵێ، تۆ پەروەردگاری ئێمەیت، شایەتی دەدەین ، جا ئەوەمان بۆیەکرد تا لەقیامەتدا نەڵێن: ئێمە بێ ئاگابوین لە ناسینی تۆو یەکتاپەرستی یان بڵێن: هەربابو باپیرانمان بوون لە پێشەوە کەهاوبەشیان داناوە بۆ خواو ئێمە نەوەی ئەوانینو پاش ئەوان هاتوینو پەیڕەویمان کردوون ئایا تۆ لەناومان دەبەیتو سزامان دەدەیت بەئیشێ کەلەسەرەتادا بەتاڵ کاران کردویانە؟ جا کۆی ئەم فەرمودانە ئەوە دەسەلێنێ کە ئەم پەیمانە پەیمانێکی گفتوگۆو قسەکردن بووە نە پەیمانێکی حاڵو بارو دۆخو بەڵگەو نیشانەبێت وەك مانای پێشوو دەیگەیاند، واتە هەموو بنیامێك راستەوخۆ خۆبەرپرسیارە سەبارەت بەیەکتاپەرستیو پەیڕەوی ئەمو ئەوو هیچ سودێکی پێ نادات ، بەڵکو دەبێ بەئارەزۆی خۆی یەکتاپەرستی هەڵبژێرێو پەیڕەوی لەو پەیمانەی پشتی ئادەمی باوەکە گەورەی خۆی بکات، بەوشێوەی کەبەزمانی پێغەمبەرەوەﷺ هاتوە ، ئەگینا شایستەی سزاو رقی خوایە.

جا دەفەرموێ: ئەوەمان پێ وتن تا لە رۆژی قیامەتدا نەڵێن: ئێمە بێ ئاگابوین لە ناسینی تۆو یەکتاپەرستی یان بڵێن: هەربابو باپیرانمان بوون لە پێشەوە کەهاوبەشیان داناوە بۆ خواو ئێمە نەوەی ئەوانینو پاش ئەوان هاتوینو پەیڕەویمان کردوون ئایا تۆ لەناومان دەبەیتو سزامان دەدەیت بەئیشێ کەلەسەرەتادا بەتاڵ کاران کردویانە؟ ئینجا خوا دەفەرموێ:

(١٧٤) هەر ئابەو شێوەیە ئێمە نیشانەکان رۆشن دەکەینەوە بەڵکو ئەوانیش لە خراپەو تاوان بگەڕێنەوەو رێگای راستەقینە بگرنەبەر. ئینجا خوا باسی زانایەکی خواناسمان بۆ دەکات کەلەبەر دنیاو خۆشی دنیا وازی لە ئاینەکەی خۆی هێناو پەیڕەوی لە ئارەزۆو شەیتان کردو دەفەرموێ:

(١٧٥) ئەی محمدﷺ بخوێنەرەوە بۆئەوان هەواڵی ئەوکەسەی کە ئێمە نیشانەکانی خۆمانمان پێدابوو شارەزاییەکی چاکی هەبو بەڵام خۆی دارنی لەوەی کە ئێمە پێمان دابو ، بەگوێی فەرمانەکانی خوای نەکردو بۆ خۆش گوزەرانیەکی کەم ژیانێکی هەمیشەیی خۆی لەدەست دا ، جا وای لێ هات کەشەیتان پەیڕەوی دەکرد ، واتە لە خراپیدا بو بە مامۆستای شەیتان ، وەدەشگونجێ کەشەیتان دوایی کەوتو وەك حەیوانێك بەم لاولادا دەیبردو ئەوزانا پایەبەرزە بەو تاوانە کەوتە ژێردەستی شەیتان ، دەڵێن ئەم زانایە ناوی بلعام یان بەلعەمی کوڕی باعورا بووەو ناوەجوانترەکانو گەورەترەکانی خوای(اسم الله الاعظم)ی زانیوەو هەردوعایەکی بکردایە وەر دەگیرا بەڵام کاتێ موسا بەرەوشام چوو خزمەکانی چونەلایو وتیان: ئەوە موساو گەلەکەیەتیو دەیەوێ لێرە دەرمان بکاتو گەلەکەی خۆی سەقامگیربکات دەبێ دوعا بکەیت بەڵکو لەناوچێت ئەویش وتی: ئەوە پێغەمبەری خوایە نابێ دوعای لێ بکەم ئەگەر دوعایشی لێ بکەم وەرناگیرێت ، بەڵام خزمەکانی بەلۆمەو بە بەرتیل وازیان لێ نەهێناو ئەوسا ئەویش کە خزمەکانی خۆی لەگەڵدا بو چووە شوێنێك لەبەرامبەری موسا و گەلەکەیەوەو دەستی کرد بەدوعاکردن جا هەرچی دوعای شەڕی لەموسا دەکرد زمانی بەخەیر دەسوڕاو هەرچی دوعای خێری بۆ خزمانی دەکرد زمانی بەشەڕ دەسوڕاو خزمەکانی وتیان: تۆ بە پێچەوانەوە دوعا دەکەیت؟! ئەویش وتی: بەدەست خۆم نیەو زمانم هەر ئەوە دەهێنێ ، ئینجا خوا دەفەرموێ:

(١٧٦) ئەگەر ئێمە ئارەزۆمان لێبوایە بەراستی بەهۆی ئەو نیشانانەی کە خۆمان پێمان دابو بەرزمان دەکردەوە بەڵام باوی خوا وانیە کەکەس بەزۆر باوەڕدار یان بێ باوەڕبکات بەڵکو خوا بنیامی سەرپشك کردوە کەبەئارەزۆی خۆی بێ کە کام رێگا هەڵبژێرێت ، چاك یان خراپ ، کامیان هەڵبژێرێت خوا یارمەتی دەدات وەك لێرەش فەرموی: ئەو خۆی لەوانەبو کە خراپەیان دەویست، کەوابو چونکە خۆی نەیویست خوایش بەرزی نەکردەوە بەڵکو ئەو وەك مرۆڤێکی پەستو بێ نرخ لەم سەرزەوییەدامایەوەو دوای ئارەزۆکانی کەوت کە وێنەی ئەم زانایە وەك وێنەی سەگ وایە کە ئەگەر راوی نێیتو بیفرێنی زمان دەردەهێنێو ئەگەر وازیشی لێ بهێنی ئەو هەر لەبەر هەناسە تەنگی زمان دەر دەهێنێ جا ئەم زانایەیش بەم رەفتارەی کەکردی وەك ئەو سەگەیە لە قسەو گفتو گۆدا هیچ کەمی نیە بەڵام هەرماندو بونی بۆ دەمێنێتەوە جا ئەوەنەبێ ئەم بەسەر هاتە هەر تایبەتی ئەو زانا بێ بەڵکو بۆ هەر زاناو گەلێکە لەهەرسەردەمێکدا کەبەگوێی ئاینو بەرنامەی ألله نەکاتو پاڵ پشتی خراپەکاران بێو دژی چاکەکاران وەك دەفەرموێ: ئائەمە وێنەی هەرگەلێکە کە بێ باوەڕبێ بە

نیشانەکانی ئێمە ، بۆیە خوا بە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: ئەی محمد تۆ ئەو داستانە باس بکە بۆگەلەکەت بەڵکو ئەوانیش بیر بکەنەوەو خۆیان وەك ئەو زانایە لێ نەکەن، بەراستی ئەمە وانەیەکی زۆر گرنگەو پێویستە زانایان چاك بیری لێ بکەنەوەو ترازویەکەوخۆیانی پێدا بکێشن‌و خۆیان‌و دەوروبەری خۆیشیان بەچاکی پێ بناسن‌و بزانن ئایا پەیامەکەی خوا رادەگەیەنن‌و سڵ لە هیچ ناکەن یان ئەوانەن کەبۆدەسکەوتێکی کەمی دنیا راستیەکان دەشارنەوەو خراپەی خراپەکاران پاساو دەدەن‌و دەست خۆشی‌و پیرۆز باییان لێ دەکەن؟ ئەی زانایان بیر بکەنەوەو بترسن لە خوا خوا هیچی لێ شاراوەنیە ، لەم بارەوە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: (إنَّ ممَّا أتخوفُ عليكُم رجلٌ قرأ القرآنَ ، حتَّى إذا رُؤيَتْ بهجتُه عليهِ و كانَ ردءً الإسلامِ اعتراهُ إلى ما شاءَ اللهُ : انسلخَ منهُ ونبذَ وراءَ ظهرِه، وسعى على جارِه بالسَّيفِ، ورماهُ بالشِّركِ قالَ قلتُ: يا نبيَّ اللهِ ، أيُّهما أولى بالشِّركِ ؛ المَرْمِيُّ أو الرَّامي؟ قال: بلِ الرَّامي/ السلسلة الصحيحة، حسنه الالباني/ بەراستی هەندێ لەوانەی کە من زۆر لێی دەترسم لەناو ئێوەدا پیاوێکە کە قورئانی خوێندوە بە شێوەیەك کە ئەو قورئانە جوان‌و رەنگینی کردوەو بەسەرو سیمایدا ئەدرەوشێتەوە ئەو پشتیوانی ئیسلام بوەو یارمەتی داوە تا ئەو کاتەی خوا ئارەزۆی لێ بووە ئینجا خۆی کێشاوەتەوەو ئایینەکەی خستوەتە پشت گوێیەوەو پەلاماری هاوسێکەی بە شمشێر دەدات‌و تاوانباری دەکات بەشیرك‌و هاوبەش دانان بۆ خوا. حوزەیفە کە ئەم فەرمودەیە دەگێرێتەوە. دەڵێ وتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەو دوانە کامیان نزیکترن لە شیرکەوە تاوانبارکراو یان تاوانبارکەر فەرموی: تاونبارکەر}

بەڵێ، بەراستی ئیشێکی خراپ‌و تاوانێکی گەورەیە پشتگوێ خستنی ئاینی خواو لێرەش دەفەرموێ:

(١٧٧) ناشیرین‌و خراپە وێنەی ئەوگەلەی کە بێ باوەڕن بە نیشانەکانی ئێمە . جا ئەوەتە خوا وێنەی ئەو جۆرە بێ باوەڕانەی بەسەگ‌و بە گوێدرێژی چواندوە وەکو لێرەولە سورەتی "الجمعه" ئایەتی پێنجداهاتوە. جا تەماشا بکەن‌و بزانن کە پیسترین گیان لەبەر سەگەو بێ عەقڵترین حەیوان گوێدرێژە خوا کردویەتی بەوێنەی ئەوزانایانەی کە بەگوێی ئاینی خوا ناکەن‌وراستیەکان دەشارنەوە، جانەوە نەبێ کەخوا ستەم لەوان بکات بەڵکو ئەوان ستەمیان لە خۆیان کردوە. ئینجا خوا دەفەرموێ:

وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ
لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ
بِهَا ۚ أُولَٰئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ (١٧٩)
وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي
أَسْمَائِهِ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٨٠) وَمِمَّنْ خَلَقْنَا أُمَّةٌ
يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ (١٨١) وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا
سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ (١٨٢) وَأُمْلِي لَهُمْ ۚ إِنَّ
كَيْدِي مَتِينٌ (١٨٣) أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا ۗ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ ۚ إِنْ
هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ (١٨٤) أَوَلَمْ يَنظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ
وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ وَأَنْ عَسَىٰ أَن يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ
أَجَلُهُمْ ۖ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ (١٨٥) مَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَا
هَادِيَ لَهُ ۚ وَيَذَرُهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ (١٨٦) يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ
أَيَّانَ مُرْسَاهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي ۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلَّا هُوَ ۚ ثَقُلَتْ
فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً ۗ يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ
عَنْهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (١٨٧)

(١٧٨) ئەوکەسەی کە ﷲ ڕێنمای بکات‌و هیدایەتی بدات هەر ئەوە ڕێگای راستی گرتووە، وەهەرکەسێکیشی گومڕا کرد ئەوسا هەر ئەوانن زیان لێکەوتوو رەنجەڕۆن.

پێویستە ئەوە بزانین کە خوا خاوەنی هێزەو هەرچیەك ئارەزۆبکات دەیکات‌وکەس ناتوانێ ڕێگری لێ بکات بەڵام خوا خاوەنی سۆزوو بەزەییەکی زۆرو گەورەیەو ستەم لەکەس ناکات‌و بنیامی کردوە بە سەرپشك‌و خۆی بۆ خۆی دەتوانێ ڕێگای چەوت یان راست هەڵبژێرێ ، لێرەدا مەبەست ئاشکرا کردنی دەسەڵاتی بێ سنوری خوایە نەك خوا بەزۆر خەڵك ڕێنمایی یان گومڕابکات وەلە راستیشدا بۆ ڕێنمایی‌و بۆ خراپە خوایە یارمەتی دەری مرۆڤ ، کەواتە راستە لەو لایەنەوە بڵێین هەرخوایە ڕێنمایی دەکات‌و گومڕاش دەکات‌وهەردووکیان هەربەدەست ئەون بەڵام چونکە خۆی بۆ خۆی ڕێگای خراپەو چاکە هەڵدەبژێرێ ، تاوانی خراپەی لەسەر خۆیەتی‌و هەروەها پاداشی چاکەیشی بۆخۆیەتی جا ئەوانەی کەئەم هەموو پەندو ئامۆژگارییە کاریان تێ نەکات‌و بیر لە ئایندەی خۆیان نەکەنەوەو بۆ سودێکی کاتی پەیڕەوی نەفس‌و شەیتان بکەن بەراستی ئەوانە خۆیان لە مرۆڤایەتی دورخستوەتەوەو چونەتە ریزی ئاژەڵەوە بەڵکو لەئاژەڵیش کەمتر ، وەك دەفەرموێ:

(١٧٩) خۆ بەراستی ئێمە زۆرێك لە جنۆكەو ئینسانمان بۆ دۆزەخ دروست كردوە چونكە ئەو دوو دروستكراوە زۆربەیان ڕێبازی ناپەسەندو خراپ هەڵدەبژێرن‌و ئایندەیان دۆزەخ دەبێ ، وەخوا ستەم لەكەس ناكات‌و كەسیش بەزۆر بەرەو خراپەنابات بەڵكو هەموو هۆیەكی ڕێگا دۆزینەوەیان پێ دەدات ، ئەوان دڵیان هەیە بەڵام هیچ وەرناگرن‌و چاویان هەیە بەڵام لەوهەموو بەڵگەو نیشانانەی بوونەوەر سود وەرناگرن‌و ئەوان گوێیان هەیە بەڵام هیچ شتێكی باشی پێ نابیسن، واتە سێ شت پاش پەیامی پەیامبەران هەیە كەببێ بەهۆی زانایی‌و ڕێنمایی مرۆڤ ئێمە ئەو سێ شتەمان پێداون ، ژیری كەبەدڵ ناوی بردوەو چاوو گوێ بەڵام ئەوان لەهیچ كامیان سودێكیان وەرنەگرتوە بەڵكو وەك چوارپێ تەنها مەبەستیان خەوو خواردن بووەو هیچی تر ، بۆیە خوا دەفەرموێ: ئەمانە وەك چوارپێ وانە هیچ شتێك كاریان تێ ناكات‌و سود لەو هەموو بەڵگانە وەرناگرن ، ئەگەر چی هەندێ لە چوارپێیان خاوەنی خۆیان دەناسن بەڵام ئەم كۆمەڵە زۆرەی جنۆكەو ئینسان خاوەنی خۆیشیان ناناسن بەڵكو ئەوان لە چوار پێكانیش گومڕاو سەرلێ شێواو بێ ئاگاترن ئائەوانە هەرخۆیانن بێ ئاگان كە بۆ شتانێكی كەم‌و بێ نرخی دنیایی پاشە ڕۆژێكی درێژو ژیانێكی هەمیشەیی لەدەستخۆیان دەدەن. لەپاش ئەوەی كە تێیگەیاندین كە زۆربەی ئەو دوو دروستكراوە بۆ دۆزەخ دەبن ، ئەوسا ئیترجێگای خۆیەتی كە پێڕە كەم‌و باشەكە چاكتر خوای خۆیان بناسن‌و بزانن چۆن داواكارییەكەی خۆیان پێشكەش بەزاتی بێ نیازی پەروەردگاری عالەم بكەن وەك لێرەدا دەفەرموێ:

(١٨٠) بۆخوا چەندین ناوی شیرین ترو جوانتر هەیە دەی بەو ناوانە بپاڕێنەوە لەئەو خوا بەشكۆیە كەخاوەنی ناوی زۆرە لەوانەش زۆربەیان لە قورئان‌و فەرمودەدا باسكراون نزیكەی هەزار ناوێك لەلایەن زانایانەوە تۆماركراودوە ئێمەش لەم بارەوە لە نامیلكەی(اسماء الله الحسنى) دا دووسەدوپەنجاوشەش ناومان تۆماركردوەو مانای دووسەدوسی‌وحەوت ناومان كردوەو خوێندنەوەی سودی دەبێ لە فەرمودەی پێغەمبەرماندا ﷺ هاتوە كە{ لِلَّهِ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ اسْمًا مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ وَإِنَّ اللَّهَ وِتْرٌ يُحِبُّ الْوِتْرَ /متفق عليه/بەراستی خوا نەوەدو نۆ ناوی هەیە، سەد یەكێكی كەمە هەركەسێك ئەو نەوەدو نۆ ناوانە بژمێرێ‌و باوەڕی پێیان هەبێ‌و لە كرداریدا ڕەنگ بداتەوە دەچێتە بەهەشتەوە ، ئەوزاتە تاكەو تاكی پێ خۆشە} مەبەست ئەوەنیە كە خوا تەنها نەوەدو نۆ ناوی هەیە بەڵكو مەبەست ئەوەیە كەنەوەدو نۆ ناو لەو ناوانەی خوا لەبەر كردن‌و مانا زانینی‌و بەگوێ كردنی دەبێ بەهۆی ئەو دەسكەوتە گەورەیە، لێرەش وادەر دەكەوێ كە خوا دوو جۆرە ناوی هەبێ جۆرێكیان ناوی شیرین‌و جوانەوجۆرێكی تری شیرینترو جوانترە ، جا چونكە فەرمودەیەكی ڕاستی كۆكەرەوەی ناوەكان نەهاتووە ئەگەر چی - ترمزی - فەرمودەیەكی هێناوەو نەوەدو نۆ ناوی نوسیوە بەڵام ناتوانرێت هەر ئەوە بەناوە جوانتركان دابنرێت چونكە ناوی خوا زۆرەو وەك لە فەرمودەی پێغەمبەرماندا ﷺ هاتوە كە دەفەرموێ:{ مَا قَالَ عَبْدٌ قَطُّ إِذَا أَصَابَهُ هَمٌّ وَحَزَنٌ اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ وَابْنُ عَبْدِكَ وَابْنُ أَمَتِكَ نَاصِيَتِي بِيَدِكَ مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ أَوْ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صَدْرِي وَجِلَاءَ حُزْنِي وَذَهَابَ هَمِّي إِلَّا أَذْهَبَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَمَّهُ وَأَبْدَلَهُ مَكَانَ حُزْنِهِ فَرَحًا قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ يَنْبَغِي لَنَا أَنْ نَتَعَلَّمَ هَؤُلَاءِ الْكَلِمَاتِ قَالَ أَجَلْ يَنْبَغِي لِمَنْ سَمِعَهُنَّ أَنْ يَتَعَلَّمَهُنَّ / احمد، صححه الالباني/ هیچ كەسێك دوچاری دڵتەنگی‌و خەفەتێك نابێ‌و بڵێ: ئەی خوایە من بەندەی تۆم‌و كوڕی بەندەی تۆم كوڕی ئافرەتێكم كە بەندەی تۆیە ناوچاوانم بەدەست تۆیە فرمانی تۆ لەبارەی منەوە جێ بەجێ كراوە ، داد پەروەرانەیە بڕیاری تۆ لەبارەی منەوە ، من داوات لێ دەكەم بەهەموو ناوێك كە خۆت بۆ خۆتت داناوە یان كەسێكت فێركردوە یان ڕەوانەت كردوە لە پەڕاوەكەت دا یان تەنها خۆت دەیزانی‌و لای خۆتە ئەم قورئانە بكەیت بەبهاری دڵم‌و بیكەیت بەڕوناكی سینگم‌و بەپاك كردنەوەی خەفەتەكەم‌و لابردنی دڵ تەنگیەكەم. هەركەسێ وای وت خوای گەورە ئەو دڵتەنگی‌و خەفەتەی لادەبات‌و دەیگۆڕێتەوە بەخۆشی بۆی ، وترا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا فێری ئەمانە نەبین؟ فەرمووی بەڵێ: پێویستە لەسەر هەركەسێك كەبیستی فێری ببێت. جا لەم فەرمودەوە دەردەكەوێت كە ناوەكانی خوا زۆرن‌و لەوانە هەندێكیان لە هەندێكی تریان جوانترە بەڵام ئەوانە دیاری نەكراون تا هەموو ناوەكانی خوا بزانرێت ،

ئینجا خوا دەفەرموێ: وازبێنە لەو كەسانەی كەوا لادەدەن لە ناوەكانی خواوبەشێوەی خۆی مانای ناكەن‌و بەشێوەی ناتەواو بۆ غەیری خوای بەكاری دەهێنن وەك بت پەرستان لە وشەی (اللَّهُ) اللاتیان دروست كرد وەهەروەها لە (العزيز، المنان)عوززاو مەناتیان دروست كردبو بەوشێوەیە بون بەهاوڵ دانەر بۆ خوا جا خوا داوا لە موسڵمانان دەكات كە ناوە جوانترەكانی خوا

بکەن بەوردی زمانیان‌و مانایان بەوشێوەیە نەکەن کەنەگونجێت لەگەڵ زاتی خودادا، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ: بەم زووانە پاداشتی ئەو کارە ناپەسەندەیان وەر دەگرن.

(١٨١) خۆلەوانەی کە ئێمە دروستمان کردوە گەلێك هەیە کە پەیڕەوی راستی دەکات بەقسەو بەکردارو خەڵکیشی بۆ بانگ دەکەن وهەر بەو راستیە ئیش دەکەن و بڕیار دەدەن، لە فەرمودەی پێغەمبەرمانﷺ دا هاتوە کە دەفەرموێ: { لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَالَفَهُمْ وفي رواية حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ كَذَلِكَ _وفي رواية_وهم بالشام/ متفق عليه/ بەردەوام کۆمەڵێك لەم گەلەی من بەئاشکرا لەسەر حەق دەبن هیچ زیانیکیان پێ ناگەیەنێ ئەوکەسەی کەدەیەوێ دژایەتیان بکات هەتا قیامەت دێت . _وەلە ریوایەتێکی تردا_ هەتا فرمانی خوادێت ئەوان بەشێوەن. _ وەلەریوایەتێکی تردا_ وەئەوانەلەشامن. ئینجا خوای گەورەباسی ئەوکەسانە دەکات کە تاوان‌و خراپەدەکەن بەڵام وەزعی ژیانیان خۆش دەبێ‌و دەفەرموێ:

(١٨٢) ئەوانەی کە بێ باوەڕبوون بەنیشانەکانی ئێمە کەم کەم‌و پلە بەپلە بەرزیان دەکەینەوەو ژیانیان خۆش دەکەین‌و هەندێ لە ئاواتەکانیان بۆ دێنینەجێ لەپاشدا تۆڵەیان لێدەسێنین بەشێوەیەك کە خۆیان نایزانن. وەکو لە فەرمودەی پێغەمبەراﷺ هاتوە کەدەفەرموێ:{ئەگەر بینیتان ئینسانێ گوناهی کردو لەگەل ئەوەشدا خوای گەورە نیعمەتی بەسەردا دەڕژاند بزانن کە ئەوە(استدراجە) خوا گەرەکیەتی بەرزی بکاتەوەو پاشان بەسەختی بەزەویدا بدات} ئاشکرایە ئینسان تالە جێگای بەرزتر بکەوێتە خوارەوە زیانی زۆرتری پێ دەگات، خوا تاوانباران‌و ستەمکاران زۆر زۆر بەرزنەکاتەوەو لە پاشان نەیانخێت کە ئیتر لە ناو چونینان مسۆگەرە وەك پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{إِنَّ اللهَ لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ حَتَّى إِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ/متفق عليه/بەبێگومان کە خوا ماوە بەستەمکاران دەدات تا چی لە توانایدایە بەکاری بهێنێ_تاباری قورستربێ بۆ پاشە رۆژ_ جاماوەی پێ دەدات تا ئەوکاتەی کە کاتی تۆڵەسەندنەوەی دێت کە هەرکات گرتی تازە رزگاری ناکات و لێرەش دەفەرموێ:

(١٨٣) ئەی محمدﷺ مۆڵەتم پێ بدە بۆیان بەراستی ئیشی من دژی ئەوان‌و تۆڵە لێ کردنەوەیان زۆر بەهێزو توندە ، بەراستی ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندە لە ستەمکاران واتە ئەی خاوەن باوەڕ دڵتەنگ نەبی بەستەمکاران‌و دەسەڵات‌و هێزیان ئەوەشتێکە خۆم ئەمەوێ دەستیان لێ شل بکەم تا بۆ خۆیان‌و هەموو خەڵکیش دەرکەوێت پیسی‌و لاساری ئەوان ولە پاشان هێزو حەوسەڵەی ئێمە. وشەی (کید)کە لێرە هەیە (مکر وخدعە) بۆ خوا ، نابێ بەو مانایەی کە بۆ خەڵك مانا دەکرێت بۆ خوایش وا مانا بکرێت، لەراستیدا خەڵکی بۆیە فڕو فێڵ دەکات توانای نیە بەئاشکرا ئەو کارە ئەنجام بداتو لە تۆڵە سەندنەوە دەترسێت بەڵام خوا وانیەو لە هەمو کەس بەهێزترەو لە تۆڵەی کەسیش ناترسێت، بەڵام چونکە (مکر کید خدعە حیلە)بەو ئیشە دەڵێن کەلە پشتی پەردەوە ئەنجام دەدرێت‌و کابرا بەخۆی نازانێ تا رودەدات بۆی، لەم بارەوە ئیشەکانی خوا کەس پێی نازانێ تارودەدات کەواتە شێوەکەی لە(کید)ی خەڵك دەچێت ئەگینا ناوەڕۆکەکەی جیایە. ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(١٨٤) ئایا ئەو بێ باوەڕانە بیر ناکەنەوە کە ئەو رەفیقەی ئەوان واتەمحمدﷺ هیچ شێوە شێتیەکی پێوە نیە؟ ئەو نیە بێجگە لە ترسێنەرێکی ئاشکراو رون . دەڵێن : پێغەمبەرمانﷺ لەسەر کێوی "ئەبو قوبەیسە" وە، بانگی کردە قورەیش تیرە بەتیرەو ناوی تیرەکانی بردو ترساندنی لە سزاو تۆڵەی خوا لەو کاتەدا یەکێکیان وتی: بەراستی ئەم رەفیقەی ئێوە شێتەو هەر لە شەوەوە تابەیانی بانگ دەکات ، ئینجا خوا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە بۆدەم کوتی ئەو تاوانبارەو وێنەکانی تا قیامەت، ئینجا خوای گەورە سرنجی باوەڕداران بەرەو بونەوەر رادەکێشێ تا بەڵکو بیر بکەنەوەو خوای خۆیان بدۆزنەوەو پەیرەوی پێغەمبەر ﷺ بکەن‌و دەفەرموێ:

(١٨٥) ئایا تەماشای ئەو هەموو موڵکەی خواناکەن لە ئاسمان‌و زەویداو بەو تەماشا کردنە پەندو ئامۆژگاری وەرناگرن؟ وەتەماشاناکەن ئەوەی کە خوا دروستی کردوە لە هەموشتێك وەبیر ناکەنەوە لەوەی کەوا نزیك کەوتبێتەوە کاتی مەرگیان واتە حەق وایە کە بیربکەنەوە چونکە نزیکە کاتی لە ناوچونیان. ئینجا دەفەرموێ: جا پاش ئەم قسانەی خوا ئیتر ئێوە باوەڕ بەچ قسەیەکی تر دێنن؟ ئینجا پێویستە مرۆڤی ژیرو زانا بەپەلە سود لە نیشانەکان وەرگرێت‌و لە دڵ‌و دەرون‌و وتارو کرداریدا رەنگ بداتەوە، نەوەك لەناکاودا بمرێ‌و ئەم ژیانەی لە دەست بچێت‌و دەستیشی خاڵی بێ بۆ ئەو دنیاکەی تر، ئەمەش سۆزو میهرەبانی لە سنوربەدەری پەروەردگارمانە کەبەم شێوەیە ئامۆژگاریمان ئەکات تا بەڵکو سودی لێ

قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعٗا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ
أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ
أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿١٨٨﴾ ۞ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم
مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَجَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا لِيَسۡكُنَ إِلَيۡهَاۖ فَلَمَّا
تَغَشَّىٰهَا حَمَلَتۡ حَمۡلًا خَفِيفٗا فَمَرَّتۡ بِهِۦۖ فَلَمَّآ أَثۡقَلَت دَّعَوَا
ٱللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنۡ ءَاتَيۡتَنَا صَٰلِحٗا لَّنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٨٩﴾
فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحٗا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَاۚ فَتَعَٰلَى
ٱللَّهُ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿١٩٠﴾ أَيُشۡرِكُونَ مَا لَا يَخۡلُقُ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ
﴿١٩١﴾ وَلَا يَسۡتَطِيعُونَ لَهُمۡ نَصۡرٗا وَلَآ أَنفُسَهُمۡ يَنصُرُونَ ﴿١٩٢﴾
وَإِن تَدۡعُوهُمۡ إِلَى ٱلۡهُدَىٰ لَا يَتَّبِعُوكُمۡۚ سَوَآءٌ عَلَيۡكُمۡ أَدَعَوۡتُمُوهُمۡ
أَمۡ أَنتُمۡ صَٰمِتُونَ ﴿١٩٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ
عِبَادٌ أَمۡثَالُكُمۡۖ فَٱدۡعُوهُمۡ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ إِن
كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿١٩٤﴾ أَلَهُمۡ أَرۡجُلٞ يَمۡشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَيۡدٖ
يَبۡطِشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَعۡيُنٞ يُبۡصِرُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ ءَاذَانٞ
يَسۡمَعُونَ بِهَاۗ قُلِ ٱدۡعُواْ شُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ ﴿١٩٥﴾

وەربگرین‌و لەو رۆژە سەخت‌و پڕ مەترسیە رزگاربببین. ئینجا دەفەرموێ:

﴿١٨٦﴾ ئەوکەسەی کەوا خۆی ئیشی خراپە دەکات‌و دەبێ بەهۆی ئەوەی کەاللە گومڕاهی بکا ئەوسا مادام الله گومڕاهی کرد هیچ کەسێکی تر ناتوانێت بیخاتە سەر ڕێگای ڕاست‌و وازیان لێ دەهێنی تا ئەوان هەر لەو بێ ئاگاییەی خۆیانەدا زۆر بچنە خوارەوەو هەر خەریکی ئەو ئیشە خراپانەی خۆیان بن . ئەمە بۆ ترساندن‌و هەڕەشەکردنە لێیان واتە ئێمە هیچ نیازێکمان بەوان نیەو موحتاجیان نین‌و ناترسین لێیان بەڵکو مرۆڤ پێویستی بە ئێمە هەیەو دەبێ بێتەوە بەردادگامان‌و چەندو چونی لەگەڵدا بکەین. لە پاشان دەفەرموێ:

﴿١٨٧﴾ پرسیار دەکەن لەتۆ ئەی محمدﷺ لەبارەی ڕۆژی قیامەتەوە دەڵێن: کەی دێت؟ بزانە کەئەم ناوانە بەمانای قیامەتن(الساعة، القارعة، الطامة، الصاخة، یوم الجمع، یوم التغابن، یوم الازفة، الواقعة، یوم التناد، القیامة، یوم الاخرة، یوم التلاق) پێیان بڵێ زانینی کاتی هاتنی قیامەت تەنها لەلای پەروەردگارمە کەکاتی هاتنی دیاری ورۆشن نەکردوەتەو واتە بێجگەلە خوا کەس ناتوانێت کاتی هاتنی ڕۆژی قیامەت دیاری بکات چونکە هەر خۆی دەزانێ‌و پێغەمبەرانی لەکاتی هاتنی ئاگادار نەکردوەتەوەو هەرچی لەم بارەوە بوترێت گومانە ، بەڵێ، پێغەمبەران زۆرێك لە نیشانەکانی هاتنی قیامەتیان پێ وتراوە بەتایبەت پێغەمبەری خۆمانﷺ ئەوەتە لە چەندین فەرمودەدا باسی کردون. بارێکی گرانە لەسەر ئاسمانان‌و زەوی چونکە هەموویان بەهاتنی ئەورۆژە دوچاری سەختی‌و نەمان‌و گۆڕان دەبن، کە قیامەت هات ئاسمان لەت دەبێت‌و ئەستێرەکان ڕێزاڵ ڕێزاڵ دەبن‌و ڕۆژ ئەپێچرێتەوەو چیاکان دەبن بەتۆزو با بەم لاو لایاندا دەباو دەریاکان دەتەقنەوەو دەسوتێن‌و هەموو گیان لەبەرێك ئەمرێت ، لەراستیدا بارێکی گرانە لەسەر ئاسمان‌و زەوی‌و هیچ دروستکراوێکی خوا لە هاتنی ئەو ڕۆژەبێ زیان نابێ ، کاتی هاتنەکەیشی لەنا کاودا دەبێ وەك دەفەرموێ: نایەتەلاتان ئەو ڕۆژە مەگەر زۆر لە ناکاودا ، پرسیار دەکەن لەتۆ ئەی محمدﷺ وەکو ئەوەی کەوا تۆ زانایيت هەبێ لەبارەی ڕۆژی هاتنیەوەو وادەزانن کە تۆ دەزانی بەڵام بەوان ناڵێیت ، وەکو لە هەندێ ریوایەتدا هاتوە کە قورەیشەکان دەچونە نزیکی پێغەمبەرەوەﷺ بەچپە پێیان دەوت تۆ دەزانی کەی دیت ئێمە خزم‌و خوێشی تۆین پێمان بڵێ، خوایش دەفەرموێ: بڵێ ، بەراستی زانینی کاتی هاتنی قیامەت تەنها لەلای خوایەو کەسی تر بەڵام زۆربەی خەڵك ئەم راستیەنازانن بەڵکو هەردەیانەوێ بەقسە خۆیان خەریك بکەن. لە فەرمودەی بەناو بانگی جوبرەئیلدا پرسیاری هاتنی ڕۆژی قیامەت لە پێغەمبەرمانﷺ دەکات‌و پێغەمبەرمانﷺ فەرموی:{ مَا الْمَسْئُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ /البخاری/ پرسیار لێ کراو لەبارەی کاتی هاتنی ڕۆژی قیامەتەوە لە پرسیارکەر زاناتر نیە} واتە منیش هەروەکو تۆم لەم بارەوەو نایزانم.

﴿١٨٨﴾ پێیان بڵێ: بەراستی من بۆ نەفسی خۆم هیچ سودو زیانێکم بەدەست نیە مەگەر خوا خۆی ئارەزۆ بکات ئیتر دەبێ بۆ خەلکی تر چۆن بێ؟ پێویستە بزانین کە زانینی هەمووشت ئەرکی سەرشانی پێغەمبەران نەبوە بەڵکو زانینی فرمانە شەرعیەکان بەتەواوی ئەرکی سەرشانیان بووە ، تەماشای داستانی موساو رەفیقەکەی بکەن لە سورەتی (الكهف)داو داستانی بوختیانی دووڕوەکان سەبارەت بەخێزانە پاکەکەی پێغەمبەرمانﷺ ء نارەحەت بونی پێغەمبەر تاوەحی بۆهات‌و بردنی هەدی بۆ حەج کە فەرموی: ئەگەر ئەوەی ئێستە زانیم لە پێشەوە بمزانیایە {لَمَا سُقْتُ الْهَدْيَ/ هەدییم لەگەڵ خۆمدا نەدەهێنا} وەدەیان روداوی تر کەئەوە دەسەلمێنێ کە پێغەمبەرانیش توانای هیچ سودو زیانێکیان نیە تا خوا ئارەزۆ

ئەكات كە ئەمە دەبێ ئامۆژگارییەكی زۆربەسود بێ بۆ ئەو ئەزانانەی كە چاوەڕوانی سودو زیان لە خەڵكی وەك خۆیانەوە دەكەنو دەچنە سەر قەبرو داوای كوڕو ماڵو شیفایان لێ دەكەن؟! ئینجا خوا بە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: بەو بێ باوەڕانە بڵێ: ئەگەر نهێنیم بزانیایە زۆر ئیشی باشم دەكرد بۆ خۆمو وەهەرگیز بەڵاو موسیبەتم دوچار نەدەبو چونكە دەم زانی كامە خەیرە زوو دەم كردو كامەش شەڕە زوو خۆم لێ دەپاراستو تووشی نەدەبوم، من هەر ترسێنەرو موژدەدەرم بۆ گەلێك كە باوەڕ دەهێننن، ئەم ئەركەی سەرشانی من پەیوەندی بەزانینی غەیبەوە نیە، ئەمە دژی ئەو قسەیە نیە كە دەڵێن پغەمبەرمانﷺ چەندین شتی نهێنی باسكردوە، چونكە مەبەست ئەوەیە كە پێغەمبەرمانﷺ خۆی لە خۆیەوە نەبوە تا خوا ئاگاداری كردوەتەوە ئینجا پێغەمبەرمانﷺ ئەوشتەی باس كردوە واتە تازە لای پێغەمبەرﷺ بەشێوەی نهێنی نەما بەڵكو خوا تێیگەیاند كە ئاوا بووەو ئاوادەبێ، كەئەم شێوەیە تەنها بۆ پێغەمبەران نەبووە بەڵكو بۆ دۆستەكانی خوایش هەبووەو هەیە بەڵام نابێ كەس لاف نهێنی زانین لێبدات تا خوا خۆی ئاگاداریان دەكاتەوە ، هەركەسێ لاف زانینی شتی نهێنی لێدا ئەك دۆستی خودا نیە بەڵكو بێ باوەڕەو دوژمنی خوایە. ئینجا خوای گەورە باسی دروست بوونی ئینسانو زۆربونی ئیسانمان بۆ دەكاتو دەفەرموێ:

(١٨٩) خوا ئەو زاتەیە كە ئێوەی دروست كردوە لە یەك كەس كە(ئادەم)ەو لەو كەسەش هاوسەری بۆ دروست كرد كە دایكە حەوایە، لە پەراسوی ئادەم ﷺ حەوای دروست كرد تا ئارام بگرێ لای ئەو هاوسەرەیو خوی پێوە بگرێت وەك لە ئایەتی بیستویەكی سورەتی (الروم)دا هاتوەكە دەفەرموێ:﴿ وەهەندێ بەڵگە لەسەردەسەڵاتودانایی خوا ئەوەیە كەلە خۆتان هاوسەری بۆ دروستكردن تا ئارام بگرن لە گەڵیاو لە نێوانتاندا خۆشەویستیەكی راستەقینەو سۆزو بەزەیی داناوە﴾ ئینجا خوا لەپاش باسی باوكە گەورە ئادەمو پەیدابونی خۆشەویستیو دۆستایەتی بەهۆی هاوسەرییەوە باسی بارداریو ئاكامەكەیمان بۆ دەكاتو دەفەرموێ: جاكاتێ پیاو چوەلای خێزانی ئەویش بارێكی سوكی هەڵگرتو سكی پڕبووكەسەرەتا شتێكی زۆركەمە جا ئەوئافرەتە بەو سكە ماوەیەكی بردە سەروكەم كەم بەرەوگەورە بوون رۆیشت ئینجا كاتێ كە سكەكەی گەورەبو هەردووكیان دەپاڕانەوە لەخوا ئەگەر بێتو تۆ ئەولادێكی چاكمان پێ بدەی بەراستی ئێمە سوپاست دەكەین لەسەر ئەو نیعمەتە

(١٩٠) كەچی لەو كاتەدا كە خوا كوڕی رێكو پێكی پێ دەدان لەباتی شوكری ئەو نیعمەتەو سوپاسی بێ پایانی خوا ئەوان هاوبەشیان بۆ خوا دادەنا چونكە دەیان وت: بەبۆنەی فلان پیاو چاكەوە یان فلان قەبرەوە وەیان فلان دەرمانەوە بوە ، بەم شێوە دەبوون بەموشریكو هاوبەش دانەر بۆ خوا لەونیعمەتەی كە خوا پێی دابوون، جا بڵند مەقامو بەشكۆیە خواو هیچ نیازێكی نیە بەوەی كەئەوان دەیكەن بە هاوبەشی. لەبارەی ئەم ئایەتەوەماناى تر كراوە بەڵام من وام بەچاك زانی هەر خوایش زانایە، ئەگەر چی باسەكە باسی ئادەمو حەوایە بەڵام مەبەست ئەوەی ئەوانە ئەوەتە دیسان لەم ئایەتی دواییەدا بەكۆباسیان دەكاتو دەفەرموێ:

(١٩١) ئایە ئەوان شتێك دەكەن بەهاوبەشی خوا كەهیچ شتێك دروست ناكات بەڵكو ئەوان هەرخۆیشیان دروست دەكرێن.

(١٩٢) ئەوسا ئەوان ناتوانن یارمەتیان بدەن بەڵكوناتوانن یارمەتی خۆیشیان بدەن جا شتێك كەنەتوانێ یارمەتی خۆی بدات وپارێزگاری لە خۆی بكات لەبەرامبەری روداوی زەمانەوە ئەی چۆن دەتوانێ یارمەتی ئەوان بداتو بەچ عەقڵێك ئەوان پەیڕەوی دەكەنو دەیپەرستنو دەیكەن بەهاوبەشی خوا ؟! مەگەر ئیبراهیم ﷺ بتەكانی گەلەكەی خۆی نەشكاند؟ دەی كامیان توانیان دژی ئیبراهیم بوەستن؟ ئینجا خوای گەورە زیاتر پوچی پەرستراوەكانیان باس دەكاتو دەفەرموێ:

(١٩٣) وەئەگەر بەرەو رێنماییو سودی خۆیان بانگیان لێ بكەن پەیڕەویتان ناكەنو یەكسانە لای ئەوان چ بانگیان بكەنو چ بێ دەنگ بن واتە پەرستراوەكان توانایی هیچیان نیە چ بیان پەرستن یان جنیویان بدەنێ ، وەچ بانگیان بكەن یان هیچ قسەیان لەگەڵدا نەكەن ، ئەوەندە شتێكی بێ ناوەرۆكو پوچن.

(١٩٤) بەبێگومان ئەوانەی كە ئێوە بانگیان دەكەنو دەیان پەرستن بێجگە لە خوا ئەوانیش هەربەندەن وەكو ئێوەو زیاتر لە ئێوەیان لێ نایەت ، جا ئەگەر باوەڕناكەن دەی بانگیان بكەن جا باوەڵامتان بدەنەوە ئەگەر ئێوە راست دەكەن لەوەی كە دەڵێن: ئەمانیش هاوبەشی خوانو دەتوانن شت بكەن. ئینجا خوا زیاتر بێ نرخی پەرستراوەكانیان دەردەخاتو دەفەرموێ:

إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٩٦﴾
وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسۡتَطِيعُونَ نَصۡرَكُمۡ وَلَآ
أَنفُسَهُمۡ يَنصُرُونَ ﴿١٩٧﴾ وَإِن تَدۡعُوهُمۡ إِلَى ٱلۡهُدَىٰ لَا يَسۡمَعُواْۖ
وَتَرَىٰهُمۡ يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ وَهُمۡ لَا يُبۡصِرُونَ ﴿١٩٨﴾ خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ
بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴿١٩٩﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ
ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٠٠﴾ إِنَّ
ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ إِذَا مَسَّهُمۡ طَٰٓئِفٞ مِّنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ تَذَكَّرُواْ
فَإِذَا هُم مُّبۡصِرُونَ ﴿٢٠١﴾ وَإِخۡوَٰنُهُمۡ يَمُدُّونَهُمۡ فِي ٱلۡغَيِّ ثُمَّ
لَا يُقۡصِرُونَ ﴿٢٠٢﴾ وَإِذَا لَمۡ تَأۡتِهِم بِـَٔايَةٖ قَالُواْ لَوۡلَا ٱجۡتَبَيۡتَهَاۚ
قُلۡ إِنَّمَآ أَتَّبِعُ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ مِن رَّبِّيۚ هَٰذَا بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمۡ
وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٢٠٣﴾ وَإِذَا قُرِئَ ٱلۡقُرۡءَانُ
فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴿٢٠٤﴾ وَٱذۡكُر رَّبَّكَ
فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ بِٱلۡغُدُوِّ
وَٱلۡأٓصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ﴿٢٠٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ
لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَيُسَبِّحُونَهُۥ وَلَهُۥ يَسۡجُدُونَ۩ ﴿٢٠٦﴾

(١٩٥) ئایا ئەوانەی کە ئێوە دەیان پەرستن کە خۆتان لەداروبەرد دروستان کردوون ئایا ئەوان قاچیان هەیە پێی برۆن؟ ئایا دەستیان هەیە کە زللە لە خەلکی بدەن‌و تۆڵە لە خەلی وەرگرنەوە؟ ئایا چاویان هەیە کەخەلکی ببینن بۆئەوەی بزانن چی دەکەن؟ وەئایا گوێیان هەیە قسە ببیستن؟ دەی کە ئاوەهابن کەی شایانی پەرستنن؟

بەراستی زۆربەی پەرستراوەکانی مرۆڤ ئاوەهان بتی لە دارو بەرد داتاشراو پارەو کورسی‌و ناوبانگ‌و نەفس کە ئەمانەهەموویان کراون بەخوای خەڵك‌و خەڵك دەیان پەرستێت‌و هەموویان لەوشتە بێ قاچ‌و دەست‌و چاوو گوێیەن جا دەبێ چییان لەدەست بێ؟ ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: هەموو شەریکەکانتان هەرچی هەن بانگیان بکەن بابێن لەپاشان هەرچی فرو فێڵتان هەیە دژی من بیکەن ئەوسا هیچ مۆڵەتیشم مەدەن واتە بێ منەت بن‌و چیتان لە دەست دێت بەخۆتان‌وخواکانتانەوە دژی من بیکەن.

ئەی موسڵمان ئەمە سروشتی ئەم ئاینەیە پێویستە هەلگرانی ئاوەها زرنگ بن لە بەرامبەر بێ باوەڕو ستەمکارانەوە چونکە یارمەتی دەری ئەوان هەر ئەو خوا بێ لاق‌و بێدەست‌و چاوو بێگوێیەیە بەلام یارمەتی دەری باوەڕداران ئەو پەروەردگارە خاوەن دەسەلاتەیە کە ئەگەر ئارەزۆی نەمانی ئەم بوونەوەرە بکات هەرئەوەندەی دەوێ کە خوا بێەوێ ببە دەبێ‌و یەك چاو برکەیەك دوا ناکەوێت، هەروەکو لێرەدا ڕێنمایی پێغەمبەرمان ﷺ دەکات‌ودەفەرموێ: بڵێ با هەموو خواکانیان کۆکەنەوەو چی دەتوانن بەرامبەر بەتۆ بائەنجامی بدەن‌و منەتیان لێ مەزانەو بڵێ:

(١٩٦) بێگومان کەدۆست‌و یارمەتی دەری من (ﷲ)یە ، ئەو (ﷲ)یەی کە ئەم قورئانەی رەوانەکردوەو هەر ئەوە هەمیشە سەرپەرشت‌ویارمەتی دەری ساڵحان. لێرەوە دەردەکەوێ کە یارمەتی‌و سەرپەرشتی‌و دۆستایەتی ﷲ تەنها بۆ پێغەمبەرمانﷺ نیە بەلکو بۆهەموو مرۆڤێکی خواناسی چاکە لە هەموو کات‌و لە هەموو جێگایەکدا، وشەی (ساڵح) واتە گونجاو ، کەسێ کە گونجاو بێ لەگەڵ خوای خۆیداو هەمیشە ئامادەی جێ بەجێ کردنی فرمانەکانی خوا بێ‌و بە ئەنجامدانەکانیشی دڵخۆش بێ‌وخۆی لە تاوان‌و خراپە بپارێزێ ئەم جۆرەکەسە خوا سەرپەرشت‌و یارمەتی دەرو دۆستیەتی‌و دەیپارێزێت. ئینجا جارێکی تر بێ نرخی بتەکان باس دەکات‌ودەفەرموێ:

(١٩٧) ئەوکەسانەی کە ئێوە بێجگە لە خوا دەیان پەرستن ناتوانن هیچ یارمەتیەکتان بدەن‌وناشتوانن یارمەتی خۆیشیان بدەن.

(١٩٨) وەئەگەر ئێوە بانگیان بکەن بۆ هیدایەت‌و ڕێنمایی نابیسن چونکە گوێی بیستنیان نیەو تۆ دەبینی کە ئەوان تەماشای تۆ دەکەن لەحالێکدا کەئەوان نابینن چونکە چاویان لەبتەکانەوەیەو هیچی ترنابینن. دەڵێن: موعازی کوڕی عەمری کوڕی جەموح‌و موعازی کوڕی جەبەل رەحمەتی خوایان لێ بێ دوو گەنج بوون موسڵمان بوون لە کاتێکا پێغەمبەرﷺ چوە مەدینە ئەوان بەشەو دەگەڕان‌و بتەکانی موشریکەکانیان دەشکاندو پارچەکانیان دەبرد بۆ بێوە ژنان بەلکو گەلە کەیان بیربکەنەوەو واز لە بت پەرستی بهێنن، جالەو کاتەدا کەعەمری کوڕی جەموح کە گەورەی گەلەکەی خۆی بوهێشتا موسڵمان نەبوو بتێکی هەبو دەیپەرست‌و بۆن خۆشی دەکرد ئەم دووانە بەشەو دەهاتن‌و سەرو بنیان دائەناو پیسیان پێوە دەدا عەمر کەدەهات‌و چاوی پێ دەکەوت کەچی لێکراوە عەمر دەیشۆردو بونی خۆشی لێ دەدا، جارێکیان شمشێرێکی هێنایە لای‌و پێی وت: "تۆڵەی خۆت وەرگرە" ئەوانیش هاتنەوەسەری‌و چەند جارێك وایان لێ کرد تا شەوێك کەهەستان توتکە سەگێکی

تۆپیو هەبو لەوێ بەستیان پێیەوەو خستیانە بیرێکەوە . جابەیانی کە عەمری کوڕی جەموح هاتو ئەوەی دی تێگەیشت کەئەم بیرو باوەڕەی ئەو غەڵەتوهەڵەیە وتی: "بەخوا قەسەم ئەگەر تۆ خوایەك بویتایەو داوای پەرستنت بکردایە تۆئێستا لەگەڵ ئەو سەگەدا هاومل نەدەبویت". لەپاشان بو بەموسڵمانێکی چاكو لە غەزای "ئوحود"دا شەهید بوو.

ئینجا خوای داناو زانا کاتێ کە بەو شێوەیە باسی بتو بت پەرستانی کرد ئاگادارە کەئەوان زیاتر رقیان هەڵدەسێو زیاتر قسەی ناشیرین دەکەن لەبەر ئەوە پێغەمبەرمانﷺ ئاگادار دەکاتەوەو داوای رەوشتی بەرزو بەنرخی لێ دەکاتودەفەرموێ:

(١٩٩) تۆ چاوپۆشیو لێبوردن بکە بەپیشەی خۆتو فرمان بدە بۆ کردنی ئیشی چاكو پشت بکەرە نەفامەکانو بەناشیرینی وەڵامیان نەدەیتەوە، وتراوە "کاسە چی تێدابێ هەر ئەوەی لێ دەرژێت" پێغەمبەرمانﷺ قسەی جوانو رەوشتی بەرزی تێدایەو دەبێ هەر ئەوەی لێ چاوەڕێ بکرێت، وەنەفامەکانیش قسەی ناشیرینو رەوشتی نزمیان لایەو بێجگەلەوەیش چاوەروانی شتی تریان لێ ناکرێت. ئینجا خوا باسی دوژمنێکی تری خاوەن باوەڕان گەشەیتانەو رێگای چۆن خۆپاراستنی لێی دەکاتو دەفەرموێ:

(٢٠٠) خۆ ئەگەر لە شەیتانەوە دالغەیەکی خراپ هات بەدڵتاو ویستی بەرەو هەڵدێرت ببات، ئەوساچارەی تۆ ئەمەیە کە پەنابگریت بەخوا، چونکە بێگومان کە ئەو بیسەرو زانەرە و شەیتان ناتوانێت بەبێ ویستی ئەوهیچ ئیشێك بکات.
واتە پێویستە خاوەن باوەڕان لەبەرامبەری دوژمنی ئینسانیەوە چاوپۆشیو فرمان بەچاکەو وەڵام دانەوەی ئەوان بەجوانی بکات بەپیشە بۆ خۆیو بەم شێوەیە دەتوانێ ئیشی خۆی بەرەو پێشەوەببات بەڵام لە بەرامبەر دوژمنایەتی شەیتانەوە چونکە دروست کراوێکی نادیارە مرۆڤی خاوەن باوەر هیچی پێ ناکرێتو ناتوانێ خۆی لێ بپارێزێت لەبەرئەوە پەروەردگاری میهرەبان سەرپەرشتو یارمەتی دەری خاوەن باوەڕانەو دەفەرموێ: لەم بارەوە داوا لە خۆم بکەن تابتان پارێزم هەروەك لە سورەتی (المومنون) ئایەتی ٩٧/٩٨ بە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: کەپەنا بە پەروەردگارت بگرە لەدالغەی شەیتانەکان. ئینجا دەفەرموێ:

(٢٠١) بەبێگومان ئەوانەی کەلە خوا دەترسن هەرکاتێ خەتەرەیەکی خراپ لەلایەن شەیتانەوە بەدڵیاندا هات هەرزۆر زوو بیر دەکەنەوەو یادی خوا دەکەن ئیتر کتوپڕ بەر چاویان رۆشن دەبێتەوەو راستی دەبینن‌و لە خەتەرەی خراپ دوور دەکەونەوە ، لێرەدا خوای زاناو دانا خەلکی کردوە بەدوو بەشەوە یان لە خواترسن‌و پەیڕەوی لەودەکەن‌و لەرەفتاری نارێك دور دەکەونەوەو هەمیشە لەبیری خودادان یان لاسارو سەرلێ شێواو پەیڕەوی کەری شەیتانن کە شەیتانیش برادەرێکی خراپەو هەرگیز درێغی ناکات لە تێکدان‌و گومڕاکردنیان ، وەك دەفەرموێ:

(٢٠٢) خۆ برای بێ باوەڕان کەشەیتانەکانن هەمیشە یارمەتی برا ئینسانەکانیان دەدەن کە زیاتر خراپە بکەن‌و زیاتر لەرێگای راست لایان بدەن ، وە کۆتای ناکەن لە یارمەتی دانایان بۆ خراپەکردن ، جا هەر ئینسانێك تەماشای خۆی بکاتو بزانێ بەرکام دەستەیان دەکەوێت ئایا لەوانەیە کە هەمیشە لەبیری بەندایەتی خواو ئیشی چاکەدایەو بەبچوکترین تاوان دڵتەنگ دەبێ یان هەر خەریکی ژیانی دنیایەو مەگەر بەدەگمەن ئەگینا خواو ئیشی چاكو پاشە رۆژی ناکەوێتە بیر؟ ئینجا خوا باسی سەرکەشیو لاساری ئەو خەڵکە دەکات کە یەکەم جار ئەم قورئانە هاتوەتە ناویان‌و دەفەرموێ:

(٢٠٣) ئەوسا ئەگەر ئەوان داوای موعجیزەیان کرد ئەی محمدﷺ تۆ موعجیزەت پیشان نەدان‌و نیشانەیەکی ئاشکرات بۆ نەبردن دەڵێن: دەی تۆ بۆ لەخۆتەوە شتێك ناهێنیت خوایش دەفەرموێ: پێیان بڵێ: من تەنها پەیڕەوی ئەوەم کەلە لایەن پەروەردگارمەوە بۆم دێتو من لە خۆمەوە هیچم پێ ناکرێت، من هەرگەیاندنی ئەم پەیامە ئەرکی سەرشانمەو هیچی تر، ئینجا خوا دەفەرموێ: ئائەم قورئانە هۆی بەرچاو رۆشنیە لەلایەن پەروەردگارتانەوەو هۆی رێنماییو رەحمەتو سۆزە بۆ گەلێ کە باوەڕبهێنن. واتە تەنیا باوەڕداران چاو رۆشنیو رێنمای وسۆزیان بەهۆی ئەم قورئانەوە دەست دەکەوێت ، وەهەر ئەم قورئانە بەسە بۆخەڵك ئەگەر زاناو خاوەنی بیری رێکو پێك بن‌و پێویست بە موعجیزەی تر ناکات چونکە موعجیزەکان کاتیە بەڵام ئەم قورئانە بۆ هەموو کاتەو دەبێ موعجیزەکەی لەگەڵ خۆیدا بێت ، کەوایشە"پێغەمبەرێکی نەخۆێندەوار پەراوێکی هێناوە هەموو زانایەك لە

بەرامبەرییەوە دەستەوسانەو نەیان توانیوەو هەرگیز ناشتوانن سورەتێکی بچوکی وەك ئەو پەڕاوە بهێنن"دەی پێویستە ئەم قورئانە چاك بزانرێتو بە باشی گوێی بۆ بگیرێت تابەباشی سودی لێ وەرگرن بۆیەدەفەرموێ:

(٢٠٤) جا هەرکاتێك ئەو قورئانە خوێندرایەوە مادام هیدایەتو رەحمەتو چاوڕۆشنییە بەگاڵتەو سادەی مەگرنو وا مەزانن تەنها دەنگێکەو بەس بەڵکو بەباشی گوێی لێ بگرن وبێدەنگ بنو قەپو قاڵ نەکەن بەڵکورەحمتان پێ بکرێت. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەکاتێ قورئان خوێندرا پێویستە دووشت بکرێت یەکەم: گوێ گرتن لەو قورئانەوهەوڵدان بۆتێگەیشتن لێی. دوهەم: بێ دەنگ بوون، واتە حەرامە لەکاتی قورئان خوێندندا قسەکردنو گوێ نەگرتن، چونکە دوو وەسفی کافرو بێ باوەڕەکانە وەك لەسورەتی "فصلت"ئایەتی بیستوشەشدا دەفەرموێ: ﴿خوانەناسان وتیان: گوێ لەم قورئانە مەگرنو قسەی بێتامو بێ مانای خۆتانی تێکەڵ بکەن بەڵکوسەرکەون بەسەریا﴾

وەزانایان ئەمە دەکەن بەبەڵگە لەسەر ئەوەی کە لەپاش ئیمامێکەوە کەلەو نوێژانەدایە دەنگی تێدا بەرز دەکرێتەوەو قورئان دەخوێنێ نابێ مەئموم قورئان بخوێنێ بەڵکو پێویستە گوێ بگرێت لەو قورئانەی کە ئیمام دەیخوێنێت تەنانەت لەسەر خوێندنی سورەتی فاتحەیش قسە هەیە بەڵام من ئەو ڕەئیەم بەلاوە نزیکترە کە دەڵێ: دەبێ فاتیحە بخوێنرێت، هەر خوایش زانایە، بەڵێ، قورئان ئەو پەڕاوە بەرنرخەیە کە دەبێ بەهۆی جیاکردنەوەی خەڵك وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ اللَّهَ يَرْفَعُ بِهَذَا الْكِتَابِ أَقْوَامًا وَيَضَعُ بِهِ آخَرِينَ /مسلم/ بەبێگومان الله گەلانێك بەو قورئانە بەرز دەکاتەوە گەلانێکی تری پێی نزم دەکاتەوە}

قورئان ئەو پەڕاوەیە کە خوێنەری تاجی ویقاری دەخرێتەسەر وەك پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {وَيُوضَعُ عَلَى رَأْسِهِ تَاجُ الْوَقَارِ وَيُكْسَى وَالِدَاهُ حُلَّتَيْنِ لاَ يُقَوَّمُ لَهُمَا أَهْلُ الدُّنْيَا فَيَقُولاَنِ بِمَ كُسِينَا هَذِهِ فَيُقَالُ بِأَخْذِ وَلَدِكُمَا الْقُرْآنَ ثُمَّ يُقَالُ لَهُ اقْرَأْ وَاصْعَدْ فِي دَرَجَةِ الْجَنَّةِ وَغُرَفِهَا فَهُوَ فِي صُعُودٍ مَا دَامَ يَقْرَأُ هَذًّا كَانَ أَوْ تَرْتِيلًا/احمدوغيره، صححه الألباني/ ئەوکەسەی کەخاوەنی قورئانەو قورئان بخوێنێتو ئیشی پێ بکات تاجی ویقاری دەخرێتە سەرو باوكو دایکی مادام بەباوەڕداری مردبن دووپۆشاکیان پێ دەدرێت کە هەموو خەڵکی دنیا نرخی ئەودووپۆشاکەیان پێ نادرێت جا دەڵێن: بەهۆی چییەوە ئەم پۆشاکانەمان پێ دراوە؟ پێیان دەوترێت: بەهۆی ئەوەیە کەمناڵەکەتان قورئان فێربووە . مناڵە کەیشیان لەرۆژی قیامەتدا تاجی ویقاری لەسەر دادەنرێتو پێی دەوترێت بخوێنەو بەپلەکانی بەهەشتو بەهۆدەکانیدا سەرکەوە ، جا هەمیشە لە سەرکەوتندایە تا ئاخر ئایەتێك کە خوێندویەتی لەدنیادا چ بە پەلەبێت چ بەهێواش}

بەڵێ، قورئان شافیعە بۆ قورئان خوێن بەو مەرجەی کەلەم فەرمودەدا هاتوە کە { اقرؤوا القرآنَ و اعملوا بِهِ ، و لا تَجْفُوا عنه، و لا تغلوا فيه و لا تأكلوا به، و لا تستكثروا به /جامع الصحيح، صححه الالباني/ قورئان بخوێننو ئیشی پێ بکەنو لێی لامەدەنو زیادەڕەوی تێدا مەکەنو پێی مەخۆنو بەوهۆیەوە داوای زۆری ناوبانگو ماڵی دنیا مەکەن}

بەداخەوە ئەمڕۆ قورئانی ئێمە بۆنان پێ خواردنەو دەنگ خۆشیەو کاتی خوێندنی ئەم قورئانە گوێی لێ ناگیرێتو من خۆم دەیانو سەدان جار دیومە لەمزگەوتدا ئەوقورئان خوێنە ناحەقە قورئان دەخوێنێت کابرای خۆ بەموتقی زان لەباتی گوێگرتن لەقورئانەکە خەریکی تەسبیحات بوە نازانن لەباتی چاکە کارێکی حەرام دەکەن؟! لەهەمو خراپتر مامۆستاو پیاوماقوڵانی خەڵکی گەڕەك لەکاتێکدا کەقورئان خوێن لەمزگەوتدا قورئان دەخوێنێ ئەوان لەحوجرەی مامۆستادا خەریکی دەمەتەقەو چای خواردنن؟!! کورد واتەنی "ئەگەر گۆشت بگەنێ خوێی تێدەکرێت ، ئەی ئەگەر خوێ گەنی چی لێ بکەین "بەداخەوە هەرکە دەنگی قورئان هات لەمزگەوتێکەوە بەڵگەیە لەسەر مردنی کەسێك بەو مەرجە قورئان بۆ زیندو کردنەوە هاتوەو بۆ زیندوەکانە، هەرچەند قورئان خوێنی چاكو بێ کرێ سودی دەبێ بۆ باوكو دایکی خۆی، جێگای خۆیەتی ئەوەش بڵێین کەقورئان خوێنەکانی ئەمڕۆ زۆریان لە باتی خەیرو چاکە لەوانەیە تاوانێکی زۆریان بۆ بنوسرێت. چونکە هەیە تەنها لەبەر دەنگ خۆشی دەیخوێنێو هەیە مەبەستی پارە پێ وەرگرتنەو هەیە لە مزگەوتدا کە جێگای نوێژە بێشك کەنوێژکەری تێدایە بەدەنگی بەرز قورئان دەخوێنێو نوێژی نوێژکەراون نارێك دەکات بەتایبەت لە رۆژانی جومعەدا کەخەڵکی هەمیشە دێنە مزگەوتو هەمیشە کۆمەڵێك بە نوێژکردنەوە خەریکن چونکە سوننەتە ، قورئان خوێنیش گوێی لەکەس نیەو نیو سەعات زیاتر بە قورئان خوێندنەوە بەدەنگی بەرز خەریکە جا ئەمە ئەگەر هیچکامیش نەبێ لەبەشەکانی سەرەوە تاوانی زیاترە تا

چاكەی چونكە وەك وتمان نوێژی نوێژكەران ناڕێك دەكات من خۆم چەند جار ناچار بووم ئایەتێكم چەندبارە كردبێتەوە بەتایبەت ئەگەر قورئان خوێن قورئانەكەی بەهەڵە خوێندبێتەوە ، كە قورئان خوێنی ناو مزگەوتەكان لەسەدا هەشتایان لەوانەن كە قورئانەكانیان ناڕەوانە هیوادارم كە قورئان خوێنان چاوێك بە خۆیاندا بخشێننو بزانن خۆیان لەكام تاقم دا دەبیننەوەو لەهەڵەی پێشویان پاش گەز ببنەوەو بە شێوەیە قورئان بخوێنن كە سودی هەبێ بۆیان وتراوە (دۆست ئەوەیە بتگرێنێ‌و دوژمن ئەوەیە بتكەنێنێ).لەپاشا خوای گەورە رودەكاتە پێغەمبەرﷺ كەمەبەست ئوممەتەكەیەتی‌و دەفەرموێ:

(٢٠٥) لەدڵی خۆتدا زۆر بەگەردن كەچی‌و بەترسەوە یادی پەروەردگارت بكەو نەك بەدەنگی بەرز ، بە بەیانیانو بە ئێوارانو لەو ئینسانانە مەبە كە بێ ئاگانو یادی خوا نایەت بە دڵیاندا بەتایبەت لەو دووكاتەدا چونكە فریشتەكانی شەوو رۆژ كە مەئمورن لەلای ئینسان لەم دوو كاتەدا یەكتر دەگۆڕن ، وەك لە فەرمودەدا هاتوە ئەوانەی كە دەگەڕێنەوە دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان بەراستی كاتێ كە ئێمە رۆیشتین بەیادی تۆوە خەریك بوو كاتێكیش كە گەڕاینەوە لەلای هەربەیادی تۆوە خەریك بوو، وەپێویستە لەسەر خۆییش بێ وەك لەم ئایەتەدا فەرمویو دیسان پێغەمبەریشمان ﷺدەفەرموێ:{ يَا أَيُّهَا النَّاسُ ارْبَعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ فَإِنَّكُمْ لَا تَدْعُونَ أَصَمَّ وَلَا غَائِبًا إِنَّهُ مَعَكُمْ إِنَّهُ سَمِيعٌ قَرِيبٌ تَبَارَكَ اسْمُهُ وَتَعَالَى جَدُّهُ /البخاری/ئەی خەڵكینە بەزەییتان بەخۆتاندا بێتەوەولەسەر خۆتان یادی خوابكەن بەراستی ئێوە داوا لە كەڕ یان نادیار ناكەن، بەبێگومان ئەوەی كە ئێوە بانگی دەكەن بەزانیاریو بیستنو گەمارۆدانتان لەگەڵتاندایە، بەبێگومان ئەوەی كە ئێوە بانگی دەكەنو یادی دەكەن بیسەرەو نزیكە ، ناوی پڕفەڕو خێرەو باڵایە دەسڵاتەكەی}.

واتە یادكردنی خوا هەتا شاراوەترو بێ دەنگ تربێ باشترە چونكە نە سەر لە خەڵك تێك دەداتو نەناڕەحەتی بۆ خەڵك دروست دەكات ، وە دوورترە لەریایی، جا تەماشابكەنو بزانن كەئەم ئایینە چەندە بەسۆزە بۆرێكو پێك كردنی پەیڕەوانیو چەندە هەوڵ دەدات كە پەیڕەوانی فێری رەوشتی بەرزو جوان بكات ،

جا نابێ ئیشی بیدعە چیان بە ئیشی ئیسلامی تەماشا بكرێتو رەخنە لە ئیسلام بگیرێت ، ئیسلام ئەوەیەو بەرنامەكەی كەلە بەردەمتاندایەو قەپو قاڵی بێ جێگای هەندێ كەس لە پێش نوێژی بەیانیو پاشو پێشی بانگەكانو كۆڕ گرتن بەناو زیكرەوەو دەنگ بەرزكردنەوە بەشێوەیەك كەدەبێ بەهۆی ناڕەحەتی خەڵكی دەوروبەری ئەو شوێنەو سەر تێكدان لە نوێژگەران یان قورئان خوێنان ئەگەر نوێژگەر نەبو لەو شوێنەدا ئیشی ئیسلامی نینو ئیسلامو موسڵمانانی راستەقینە بێزارن لێیانو بانگیان دەكات بۆوازهێنان لەبیدعەو بیدعەچییان ، بەڵام یادی خوا بەشێوەی نهێنی وبەدڵ شكاویو بەترسەوە زۆربەنرخەو هەربەوەش دڵەكان پاك دەبنەوەو ئارام دەگرن جگە لەوكاتوجێگایانەی كە دەنگ بەرزكردنەوە تێیانداجوانو رەوایەوەك دەنگ بەرزكردنەوەی حاجیان بەزیكرەكانی رۆژانی حەج. ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(٢٠٦) بێگومان كە ئەوانەی لەلای پەروەردگارتن واتە ئەو فریشتانەی كە خوا پلەو مەقامی بەرزی پێ داوون خۆیان بەگەورە ناگرن لەبەندایەتی كردنی خواداو هەمیشە تەسبیحاتی ئەوزاتە دەكەن وەتەنها بۆ ئەو گەردن كەچی دەكەنو سوجدە دەبەن ، واتە موسڵمانانیش حەقیانە ئاوەها وەك ئەوانە كە تاوانیش ناكەنو هەمیشە لە عیبادەتی خوادان ئەوان كە گوناە تاوانیش دەكەن ئەبێ زیاتر بە بەندایەتیو گوێڕایەڵی خواوە خەریك ببنو دنیا بۆ تاقی كردنەوەی ئێمەو جنۆكەكان دروست بووەو بەگوێرەی كۆششو بەندایەتی ئەم دنیایە لەبەهەشتدا بەشدار دەبین، جاكێ دەیەوێ جێگای خۆی جاكترو خۆشتر بكات باپەلە بكات. تێبینی: لە قورئاندا چەند جێگا هەیە سوننەتە ئەگەرخوێنران كابرای خوێنەرو گوێگر سوجد ببەن كە كۆتایی ئەم سورەتە پاش وشەی ﴿يَسْجُدُونَ﴾ یەكێكە لەو جێگایانە.

پاش عەسری یەك شەممە ٢١/محررەم/١٤٢٢كۆچی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین.

٨ سُورَةُ الأَنفَال ٧٥

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِ ۖ قُلِ ٱلْأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ
وَأَصْلِحُوا۟ ذَاتَ بَيْنِكُمْ ۖ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم
مُّؤْمِنِينَ ﴿١﴾ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ
قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ
يَتَوَكَّلُونَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ
يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ۚ لَّهُمْ دَرَجَٰتٌ عِندَ
رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٤﴾ كَمَآ أَخْرَجَكَ رَبُّكَ
مِنۢ بَيْتِكَ بِٱلْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ لَكَٰرِهُونَ ﴿٥﴾
يُجَٰدِلُونَكَ فِى ٱلْحَقِّ بَعْدَ مَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى ٱلْمَوْتِ
وَهُمْ يَنظُرُونَ ﴿٦﴾ وَإِذْ يَعِدُكُمُ ٱللَّهُ إِحْدَى ٱلطَّآئِفَتَيْنِ أَنَّهَا
لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ ٱلشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ
وَيُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُحِقَّ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَيَقْطَعَ دَابِرَ ٱلْكَٰفِرِينَ
﴿٧﴾ لِيُحِقَّ ٱلْحَقَّ وَيُبْطِلَ ٱلْبَٰطِلَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٨﴾

٨ سورەتی ئەنفال ٧٥

سورەتی ئەنفال کە بە سورەتی "بەدر"یش ناو براوە و سورەتی هەشتەمی قورئانە لەمەدینەدا دابەزیوەو حەفتاو پێنج ئایەتە. پێویستە بزانرێت پێغەمبەرو یارە بەوەفاکانی سیانزە ساڵ لەمەکەدا لەژێر سەخت ترین ئەشکەنجەو ئازاردا ژیانیان بردەسەر بەشێوەیەك کەهەندێ لەیارەکانی ئەم پێغەمبەرە ئازیزەﷺ لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان سپارد بەگیان ئافرین‌و لە ژیانی دنیادا ماڵ ئاواییان کرد، وەلەم چەند ساڵەدا ﷲ ماوەی بەباوەڕداران نەدا کە شەڕ بکەن لەگەڵ ئەو بێ باوەڕوو بێ ڕەحمانەدا بەڵکو فرمانیان پێ کرا کەوڵات‌و خزم‌و کەس‌و کاری خۆیان بەجێ بێڵن‌و کۆچ بکەن بۆ مەدینە جا موسڵمانانیش بەگیان‌و بەدڵ فرمانی کۆچیان وەرگرت وچوونە مەدینە ئەوسا ﷲ ماوەی بە موسڵمانان دا کە پارێزگاری لە خۆیان بکەن لە ستەمکاران وەك لە ئایەتی سیو نۆی سورەتی(حەج)دا هاتوە. بەڵی پێغەمبەرمانﷺ لەشاری مەدینە پاش دامەزراندنی بناغەی یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی بیری لەوەکردەوە کە پێشەکی ڕێگای بازرگانی قورەیش کەم کاتەوەو تەنگیان پێ هەڵچنێ، جا بۆ ئەم مەبەستە چەند کۆمەڵە لاوێکی بەم لاولادا نارد تا ساڵی دووهەمی کۆچی کە بیستی قافڵەیەکی گەورەی قورەیش بەسەرپەرشتی ئەبو سوفیان چوە بۆ شام‌و واخەریکە بەسەرمایەیەکی زۆرەوە بەرەو "مەکە" دەگەڕێتەوە، پێغەمبەری ئازیزمانﷺ پرس‌و رایەکی بەیارەکانی کرد کە بەتەمایە بچێتە ڕێگای ئەو قافڵە بەڵام چون چاوەڕێی شەڕ نەدەکرا زۆر بەگرنگ نەگیراو سەرئەنجام پێغەمبەرﷺ خۆی‌و سێ سەدو چەند کەسێك بەچەك‌و چۆڵەیەکی سادەوە ڕۆیشتنە ڕێگای بەڵام ئەبو سوفیان زانی بەپەلە پیاوی ناردە مەکەو داوای لێ کردن کەبەدەمیەوە بێن‌و لە هەمان کاتدا توانی قافڵەکە لە کەناری دەریاوە ڕزگار بکات‌و دیسان پەیامی بۆ ناردن کەبگەڕێنەوە بەڵام ئەوان بەسەرپەرشتی ئەبو جەهل‌و زۆربەی سەرانی قورەیش بەهەزار نەفەری پڕچەك‌و شەڕکەرەوە هاتبوون‌و تازە ئەبو جەهل سواری ئەسپی ئەجەل بوەو بەگوێی ئەبو سوفیانی نەکردو هاتنە نزیکی کانیەکانی بەدر، پێغەمبەریش ﷺ کە ئەمەی زانی پرس‌و رای بەیارانی کردو هەمویان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ شەڕ، بەڵێ شەڕکراو ﷲ تۆڵەی لە ستەمکاران سەندەوەو حەفتا کەسیان لێ کوژراوحەفتا کەسی تریان بەدیل گیران‌و سەروەت‌و سامانێکی چاکیش کەوتە دەست موسڵمانەکان جا چونکە ئەمە یەکەم غەنیمەتبو کەلەدوژمنانەوە دەستیان کەوتبوو، لەسەر ئەوەی کە بەسەر کێدا دابەش بکرێت دوچاری ناکۆکی بوون جا ﷲی گەورەومیهرەبان پاش تەواو بوونی شەڕەکە ئەم سورەتەی ناردە خوارەوەو سامانەکەی خستە دەست پێغەمبەرمانەوە ئەویش بەشێوەیەکی دادپەوەرانە دابەشی کرد بەسەریاندا.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەی محمد ﷺ پرسیارت لێ دەکەن لەبارەی دابەشکردنی ئەو دەسکەوتەی کەلە دوژمنەوە دەستتان کەوتووە. وەك وتمان ئەم سورەتە پاش شەڕی بەدر کاتێ کە موسڵمانەکان سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی دەسکەوتەکە ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە هاتە خوارەوە، چونکە لەکاتی شەڕەکەدا سێ بەش بوون بەشێکیان دوای ئەوانە کەوتن کە شکستیان خواردبو جا بەدوای ئەواندا دەرۆیشتن‌و شەڕیان لەگەڵدا دەکردن وەبەشێکی تریان دەستیان کرد بەکۆکردنەوەی دەسکەوتەکان‌و ئەوانەی کەلە مەیدانی شەڕەکەدا مابوونەوە، وەبەشێکی تریان پارێزگاریان لە پێغەمبەرﷺ دەکردو لەلای پێغەمبەر مابوونەوە نەك دوژمن لە گۆشەیەکەوە هێرش بهێنێتە سەر پێغەمبەرﷺ کە دوو بەشەکەی پێشوو هەرکامیان خۆی بەخاوەن دەسکەوت دادەناو ئەمانەی لای پێغەمبەریشﷺ دەیان وت: ئێمەش خاوەن بەشین‌و لەبەر پارێزگاری پێغەمبەرﷺ ئێمە لێرەدا وەستاوین

ئاشکرایە کەﷲ دۆستو یارمەتی دەری خاوەن باوەڕانەو لە هەمو تەنگانەیەکدا دێت بەهاواریانەوە ، جا هەروەك لێرەدا ئەو سوپا بچوكو کەم چەكو چۆڵەیەی سەرخست بەسەر ئەو سوپا گەورەو پڕچەکەدا ئێستاش ماوە بەشەیتان نادات کە ئەو کۆمەڵە پاكو دڵسۆزە پەرتەوازە بکاتو بەناردنی ئەم سورەتە ئەو گرێ کوێرەی بۆکردنەوەو فەرموی: ئەی محمدﷺ ئەوان لەبارەی دابەشکردنی دەسکەوتەکانەوە پرسیارت لێ دەکەن تۆیش چارەسەری ئەو ناکۆکیەی ئەوان بکەو بڵێ ئەوماڵەی کەلە دوژمنانەوە کەوتوەتە دەستان ماڵیﷲیەو ماڵی پێغەمبەرەکەیەتیو ماڤ کەسی تری پێوە نیە ، بەم شێوەیە ﷲی داناو زانا موسڵمانانی خستەوەیەكو تێیگەیاندن کەسێك لەوان ماڤ ئەوەی نیە کە ئەم دەسکەوتە بەهی خۆی بزانێ . ئینجا ﷲ دەفەرموێ: لە ﷲ بترسنو کێشە لەگەڵ یەکتردا دروست نەکەنو نێوانی خۆتان چاك بکەنەوەو یەکتر ئازارنەدەنو گوێ رایەڵی ﷲو پێغەمبەرەکەی ﷺبکەن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن.

لەبارەی وشەی(أنفال)دا چەند قسەیەك کراوە یەکەم: مەبەست ئەو شتانەیە لە کافرانەوە ئەکەوێتە دەست موسڵمانان بەبێ شەڕ کەئەمە لای زانایان بە (فيئ) ناو دەبەنو باسەکەی لە ئایەتی شەشی سورەتی حەشردادێت.دووهەم: مەبەست پێنج یەکە.سێهەم: مەبەست پێنج یەکە لە پێنج یەك . چوارەم: مەبەست هەمو دەسکەوتێکە کەئەمە رای جمهوری زانایانە. پێنجەم: مەبەست ئەو زیادەیەکە دەدرا بەو گرۆو دەستانەی، کە ڕەوانە دەکران بەم لاولادا ، وەك لە پێشەوە وتمان ئەم سورەتە سەبارەت بەجەنگی بەدرو دەسکەوتەکانی هاتە خوارەوەو ئاشکرایشە کە ئەو دەسکەوتانە بەهۆی شەڕەوە بوەو بەگوێرەی هەواڵی دروست کە ئیمامی موسلیم لە عەلیەوە ئەیگێڕێتەوە کە بەشێوەی پێنج یەك دابەشکراوە{ وَكَانَ النَّبِيُّ صل اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَعْطَانِي شَارِفًا مِنْ الْخُمْسِ / پێغەمبەر ﷺ وشترێکی لە پێنج یەك پێدام لەو ڕۆژەدا کەڕۆژی بەدربوو}بەڵێ خوای گەورە فرمانی دابەشکردنی ئەو دەسکەوتەی دایە دەست پێغەمبەرﷺ و داوای لە خاوەن باوەڕان کرد کە نێوان خۆیان چاك بکەن ، جا پێناسەیەکی باوەڕداری راستەقینە دەکاتو دەفەرموێ:

(٢) وشەی ﷲ بۆ کورتکردنەوەیە واتە باوەڕداران تەنها ئەوکەسانەن کە هەر وەختێ یادی ﷲ کراو ناوی ﷲ برا دڵەکانیان بترسێتو هەرکاتێك ئایەتەکانی ئەو بخوێندرێ بەسەریاندا باوەڕیان زیاتر ببێت ، وەتەنها پشت بەپەروەردگاری خۆیان دەبەستن. لێرەدا سێ سیفەتی باوەڕداری راستەقینەی باسکرد ، هەرکاتێ یادی ﷲ کرا دڵیان دەترسێتو بەخوێندنەوەی ئایەتەکانی ﷲ بەسەریاندا ، باوەڕیان زیاد دەکات ، وە تەنهایش پشت بە ﷲ دەبەستن کەئەمانە سێ وەسفی شاراوەن ئینجا باسی دوو وەسفی تری کرداریان دەکات و دەفەرموێ:

(٣) ئەوباوەڕدارانەکەسانێکن کە نوێژەکانیان جێ بەجێ دەکەنو لەوەی کە پێمان داوون دەبەخشن چ فەرز بێ لە سەریان وەك زەکات یان فەرز نەبێت وەك باقی چاکەکانی تر.

(٤) بەراستی هەر ئەوانەن باوەڕداری راستەقینە کەبۆ ئەوانە چەندین پلە هەیە لەلایەن پەروەردگاریانەوەو لێخۆش بوونو ڕۆزییەکی زۆر بەڕێزیش ، واتە ئەوکەسەی کە ئەو پێنج سیفەتەی هەبو باوەڕداری راستەقینەیەو ﷲ ی خاوەن بەخشش پلەی زۆر بەرزو گرنگی بۆ داناوەو لە تاوانەکانی خۆش دەبێو رزقو ڕۆزییەکی زۆرو بەڕێزو بەفەڕی پێ دەدات. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{ إِنَّ أَهْلَ الْجَنَّةِ يَتَرَاءَوْنَ أَهْلَ الْغُرَفِ مِنْ فَوْقِهِمْ كَمَا يَتَرَاءَوْنَ الْكَوْكَبَ الدُّرِّيَّ الْغَابِرَ فِي الْأُفُقِ مِنْ الْمَشْرِقِ أَوْ الْمَغْرِبِ لِتَفَاضُلِ مَا بَيْنَهُمْ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ تِلْكَ مَنَازِلُ الْأَنْبِيَاءِ لَا يَبْلُغُهَا غَيْرُهُمْ قَالَ بَلَى وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ رِجَالٌ آمَنُوا بِاللَّهِ وَصَدَّقُوا الْمُرْسَلِينَ/ متفق عليه/ خەڵکی ناوبەهەشت هۆدەکانی خەڵکی سەر خۆیان ئەوەندە لە بەرزادەبینن هەروەك چۆن ئەستێرەی پرشنگدارەی ئاسمان، لەوپەڕی ڕۆژ هەڵاتەوە یان ڕۆژ ئاواوە دەبینن لەبەر ئەوزیادەوپلەیەی کەهەیە لەنێوانیاندا، وتیان: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئەوە جێگای پێغەمبەرانەو کەسی تر ناگات بەوان؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: نەخێر ، قەسەم بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە پیاوانێکن کە باوەڕیان هێناوە بە ﷲ و پێغەمبەرانیان بەراست زانیوە}کەواتە هەر بەهەشت شایستەی ئەوەیە کە کێبەرکێی بۆبکرێت.

(٥) هەروەك چۆن پەروەردگارت دەری کردیت لە ماڵی خۆتدا بۆ مەبەستێکی رەوا ، وە بێگومان کۆمەڵێك لەو باوەڕدارانە پێیان ناخۆش بوو لەم غەنیمەتو دەسکەوتەدا بەشی کەسی تری لێ بدرێت بێجگەلەخۆیان واتە هەروەك کۆمەڵێك پێیان ناخۆش بو بچیت بۆرێگای قافڵەی قورەیش هەرئاوا کۆمەڵکیش لەوانە کەلە شەڕی بەدرا بوون پێیان ناخۆش بو کەسی تر

إِذۡ تَسۡتَغِيثُونَ رَبَّكُمۡ فَٱسۡتَجَابَ لَكُمۡ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلۡفٖ
مِّنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ مُرۡدِفِينَ ﴿٩﴾ وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشۡرَىٰ
وَلِتَطۡمَئِنَّ بِهِۦ قُلُوبُكُمۡۚ وَمَا ٱلنَّصۡرُ إِلَّا مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ
عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾ إِذۡ يُغَشِّيكُمُ ٱلنُّعَاسَ أَمَنَةٗ مِّنۡهُ وَيُنَزِّلُ
عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ لِّيُطَهِّرَكُم بِهِۦ وَيُذۡهِبَ عَنكُمۡ رِجۡزَ
ٱلشَّيۡطَٰنِ وَلِيَرۡبِطَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمۡ وَيُثَبِّتَ بِهِ ٱلۡأَقۡدَامَ ﴿١١﴾
إِذۡ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمۡ فَثَبِّتُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ
سَأُلۡقِي فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلرُّعۡبَ فَٱضۡرِبُواْ فَوۡقَ
ٱلۡأَعۡنَاقِ وَٱضۡرِبُواْ مِنۡهُمۡ كُلَّ بَنَانٖ ﴿١٢﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ
شَآقُّواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۚ وَمَن يُشَاقِقِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ ٱللَّهَ
شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿١٣﴾ ذَٰلِكُمۡ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلۡكَٰفِرِينَ
عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ زَحۡفٗا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلۡأَدۡبَارَ ﴿١٥﴾ وَمَن يُوَلِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ
دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفٗا لِّقِتَالٍ أَوۡ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٖ فَقَدۡ بَآءَ
بِغَضَبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأۡوَىٰهُ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿١٦﴾

بکرێت بەشەریکیان لەودەستکەوتە دا چونکە خۆیان بەزەحمەت کێش‌و شەڕکەر دەزانی ، وەك لە پێشەوە وتمان،

(٦) دەمەدەمەت لەگەڵدا دەکەن لەبارەی ئەو شتە راستەوە پاش ئەوەی کە ئاشکرابوو وەك ئەوەی کەبەرەو مردن پاڵیان پێوە بنرێت ، چونکە ئەوان تەماشای کەمی خۆیان‌و زۆری دوژمنیان دەکرد جا وەك لەبارەی دەسکەوتەکانەوە کەوتنە کێشەوەو ﷻ لەدەستی ئێوەی دەرهێناو خستەیە دەست پێغەمبەرەوەﷺ هەرناوەها لە کاتێکدا کە ئێوە پێتان ناخۆش بوو کەدەربچن بۆ جەنگی بت پەرستان بەڵام ﷻ دەری کردن‌و دوچاری جەنگی کردن‌و سەری خستن بەسەر دژوارترین دوژمنانتاندا کەلە راستیدا ئەمە سودی گشتی تێدا بوو بۆتان‌و بووە هۆی دەنگ زرانی ئیسلام‌و ترس‌و سام خستنە ناو دڵی بێ باوەڕو بت پەرستان‌و دوروەکانەوە ، هەروەك دەفەرموێ:

(٧) بیربکەنەوە لەو کاتەی کە ﷻ بەڵێنی یەکێك لەو دوو تائیفەی پێدان لەحاڵێکدا کە ئاوات دەخوازن‌و واتان پێ خۆشە کە ئەوەی زۆر گرنگ نیە کەقافڵەکەیە ئەوەتان دەست کەوێت تاهەم شەڕتان نەکردبێ‌و هەم سەروەت‌و سامانێکی زۆرتان دەست کەوتبێت ، لەراستیدا ئەمان لەبەر کەمی‌و کەم چەك‌و چۆڵەی خۆیان دەترسان ، بەڵام ئارەزۆی ﷻ جیایە لەگەڵ ئارەزۆی ئەواندا وەك دەفەرموێ: خۆ ﷻ دەیەوێ کە بیهێنێتە جێ ئەوەی کە ئارەزۆی لێیە بەبڕیاری خۆی‌و راستی دامەزرێنێ‌و بەهێزی بکات‌و سەربازانی خۆی دڵخۆش بکات‌و تێیان بگەیەنێ کەیارمەتی دەریانەو دوژمنان‌و ناحەزانیان سەرشۆڕو رسوابکات‌وپاش ماوەی کافران ببڕێ‌و دوایان بهێنێت.

(٨) تا راستی‌و حەقیقەت جێگیربکات‌و بەتاڵ و پوچ هەڵوەشێنێتەوە ، وەهەرچەند تاوان بارانیش پێیان ناخۆش بێت ، ئینجا ﷻ بەرەو روداوەکانی بەدر ئەمانبات‌و دەفەرموێ:

(٩) ئەی محمدﷺ بیر کەرەوە لەو کاتەی کە هاوارتان لە پەروەردگارتان دەکرد ئەوسا ئەویش وەڵامی دانەوەو فەرموی: بێگومان کە من یارمەتی دەری ئێوەم بەهەزار فریشتەی یەك لە دوای یەك، بەم شێوەیە ﷻ ی میهرەبان هات بەهانای موسڵمانانەوەو بەندە بێ گوناهەکانی خۆی ناردە یارمەتیان ، بەڵام بۆ ئەوەی بیرو باوەڕی خاوەن باوەڕان بەهەڵەدا نەچێت‌و وانەزانن کەئەگەر فریشتە نەبوایە سەرکەوتن نەدەبوو جافریشتە بەهۆی سەرکەوتن بزانن دەفەرموێ:

(١٠) خۆ ﷻ ئەو فریشتانەی نەناردوە بۆ یارمەتی ئێوە مەگەر تەنها بۆ ئەوەبێ کە مژدەی راستی‌و دروستی رێبازەکەتان پێ بدەن‌و تا دڵەکانتان بە رەوانەکردنی فریشتەکان ئارام بگرێت ئەگینا ﷻ دەتوانێ سەرتان بخات بەسەر دوژمنەکانتاندا بەبێ فریشتەیش بۆیە فەرموی: وەهیچ سەرکەوتنێك نەبووەو نابێ مەگەر لەلایەنﷻ وە بێ، ئەم جەنگ‌و جیهادە بۆ ئەوەیە پاك‌و پیس لەیەك جیاببێتەوە ئەگینا ﷻ ی داناو خاوەن دەسەڵات دەتوانێ هەربۆ خۆی بەیەك فرمان هەموو بێ باوەڕو ستەمکارو دووڕو لە ناوببات وەك لە سورەتی محمد دەفەرموێ:

﴿ فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرۡبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثۡخَنتُمُوهُمۡ فَشُدُّواْ ٱلۡوَثَاقَ فَإِمَّا مَنَّۢا
بَعۡدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلۡحَرۡبُ أَوۡزَارَهَاۚ ذَٰلِكَ وَلَوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنۡهُمۡ وَلَٰكِن
لِّيَبۡلُوَاْ بَعۡضَكُم بِبَعۡضٖۗ وَٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴿٤﴾ ﴾

هەرکاتێ گەیشتنە بێ باوەڕان بدەن لە گەردنیان‌و شەڕیان لەگەڵدا بکەن هەتا ئەو کاتەی کە کوشتاریان زۆر ئەبێ ئینجا بیان گرن‌و ماوەی دەرچونیان نەدەن جا لە پاشان ئەو گیراوانەیان هەر بە بەلاش ئازاد بکەن یان لە باتیاندا شت وەرگرن چ پارە بێت یان ئازاد کردنی موسڵمانانی لای دوژمن بێ هەتا ئەو کاتەی شەڕ بن بڕدەکرێت بڕیاری ﷻ ئەوەیە لە بارەی بێ باوەڕانەوەو ئەگەر ﷻ ئارەزۆی لێ بێت هەر بۆ خۆی

تۆڵە یان لێ دەسێنێت ، بەڵام ﷲ هەندێکتان بەهەندێکتان تاقی دەکاتەوە ، وەئەوکەسانەی کە کوژراون لە رێگای ﷲ دا ﷲ کردارەکانی ئەوان نافەوتێنێ‌ونائومێدیان ناکات) لێرەش فەرموی: بێگومان کە ﷲ خاوەنی هێزو توانایی‌و عیزەتە جا ئەو عیزەتەش دەدات بە پێغەمبەران‌و پەیڕەوانی راستەقینەیان ، وەلە مەشدا کە دەبێ موسڵمانان ئامادەی گیان فیدایی ببن بەڵگەی دانایی ﷲ یە چونکە ئەگەر ئەو ترس‌و تۆیە نەبێ هەموکەس لە دنیادا خۆی بە باوەڕدار دانەنێ‌و پاك‌و پیس لەیەك جیا نابێتەوەو هۆی سەرەکی دنیامان کە تاقی کردنەوەیە نایەتەجێ کەواتە ئەو شەڕو جیهادە پێویستە بۆ تاقی کردنەوەی مرۆڤی راست‌و ناراست کەئەمەش دەمکوتێکە بۆ ئەوانەی کە بەر ژەوەندی دەکەن بە هۆی سەرەکی‌و وەك بتێك دەی پەرستن‌و بیر لە راستی‌و دروستی وتارو کرداریان ناکەنەوە ، ئینجا لێرەدا وەك لە پێشەوە ﷲ باوەڕدارانی بەهێزکرد بەشتانێك کەلە توانای ئەواندا نەبو واهەم شتێکی سەیرتر بە باوەڕداران دەکات ئەوە کوفر بەو سوپا گەورەو پڕ چەك‌و چۆڵەوە هاتوەو ئەمانیش هەم کەمن‌و هەم کەم چەکن، شتێکی رەوایە کە مرۆڤ لەم جۆرەکاتانەدا زۆر بترسێت‌و خەوو خواردنی لا نەمێنێ کەچی ئەوان لەم کاتەدا خەو ئەیانباتەوە بەشێوەیەك هەندێك لەوان شەیتانی دەبن ئەوەتە ﷲ دەفەرموێ:

(١١) بیر کەرەوە لەو کاتەی کە وەنەوزەگرتنی کە ئەمەش هێوەرکردنەوەیەکی ﷲ بو بۆیان‌و لەئاسمانەوە ئاوی بۆناردن‌و باران باری تا پاکتان بکاتەوە بەهۆی ئاوی ئەوبارانەوە لەدڵە راوکێ‌و لەو پیسییەی شەیتان کە توشی لەش پیسی کردبوون، وەتا دڵتان سەقامگیرو بەهێزبکات لەسەر راستی رێبازەکەتان‌و لەسەرخۆو ئارام بن‌و تا بەوبارانە پێکان بەهێز بکات وبتەوو لەسەر لاقتان بوەستن. ئەمەش کەی؟

(١٢) ئەو کاتەی کە پەروەردگارت وەحی کردە لای فریشتەکان‌و پێی فەرمون: برۆن من بەهێزو یارمەتی لەگەڵتاندام‌و پشتگیریتان دەکەم دەی ئێوەش باوەڕداران بەهێز بکەن بەم زووانە ترس دەخەمە ناودڵی ئەوکەسانەی کە بێ باوەڕن‌و دەیان ترسێنین لە ئێوە جا ئێوەش بدەن لە گەردنیان‌و چاوتان لێیان نەترسێت‌و دەستتان بەکامیان دەگات لێیان بدەن‌و بەزەییتان نەیەت بەو بێ باوەڕو لەخوا نەترسانەدا . (بنان)سەرئەنگوشتەو جومگەیە واتە لە کاتی شەڕدا دەست پارێزیان لێ نەکەن چونکە ئەوان لە دژایەتی ﷲ و ئایین‌و پێغەمبەر ﷺو باوەڕداران کۆتاییان نەکردوەو هەرچی تواناییان بووە خەرجیان کردوە. وە دەفەرموێ:

(١٣) بۆیە ئەبێ ئاوەهایان لێ بکرێت چونکە ئەوان دژایەتیﷲ و پێغەمبەرەکەیانﷺ کردوەو لە بەرانبەریانەوە وەستاون‌و رێگای باوەڕهێنانی خەڵکیان گرتوە جا ئەوانەی دژایەتی ﷲ وپێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن نابێ هەروا لەسەریان بچێت ولە سزا رزگاببن ، ئاشکرایە سزای ﷲ یش نابێ وەکو سزای بەندەکانی وابێت بەڵکو سزای ئەو زۆر سەخت‌و بەهێزە وەك دەفەرموێ: بەبێگومان زۆر توندە سزای ﷲ. ئەوەبو لە جەنگی گەورەی بەدرداحەفتا کەس لەتاوانباران‌و سەرانی کوفر کوژران کە ئەبو جەهل یەکێك بو لەوحەفتا کەسانەو حەفتا کەسی تریان بەدیل گیرا ، بەراستی تۆڵەی ﷲ سەختەو کەس ناتوانێت بەرگری بکات؟ بەوکۆمەڵەکەم‌و کەم چەك‌و چۆڵە ئەو تاغوتانەی بەچۆکدا هێناو پایەو بناغەی کوفری لەرزاند.

(١٤) ئائەمە فرمانی خوای گەورەیە کە باوەڕداران سەر دەخات‌و بێ باوەڕان بەچۆکدا دەهێنێ‌و دەفەرموێ: سا لە دنیادا بیچێژن تۆڵەی ئیشە ناشرینەکانتان ، تۆڵەی ستەمکاری‌و رێگرتنتان لە ئایینی ﷲو بەبێشك کە بۆ کافران بێجگە لەو سزای دنیایە سزای ئاگریان بۆ هەیە لە رۆژی قیامەتدا .

(١٥) لەم ئایەتەدا خوای گەورە ئامۆژگاری باوەڕدارانی موجاهید دەکات تا بزانن هەڵوێستیان چۆن بێت لە کاتی هێرشی دوژمندا ، لەراستی دا هەروەك ئەوەی کە زاتی خۆی لەمەیدانی جەنگ دا ئامادەبێت‌و قسە لەگەڵ موجاهیدان دا بکات وایەو دەفەرموێ ئەی خاوەن باوەڕان کاتێ کە ئێوە گەیشتن بە بێ باوەڕان‌و هێرشی ئەوانتان هاتەسەرو لەوان نزیك بوونەوە نەکەن پشتی تێ بکەن وراکەن‌و مەیدان چۆڵ بکەن

(١٦) ئەوسا هەرکەسێ ئەو رۆژە پشتی تێ بکات‌و لەو شەڕە رابکات مەگەر بچێتە گۆشەیەکەوە بۆئەوەی شەڕەکەی باشتر پێ بکرێت یان کۆمەڵێك لە موسڵمانان پێویستی بەبەهێزکردن هەبێت بچێت بۆ بەهێزکردنیان مەگەر بۆ ئەم دوانە بڕوات. خۆ ئەگەر رۆیی بەڵام بۆ یەکێ لە دووانە نەبو بەراستی ئەوکەسە غەزەبیﷲ ی بۆ خۆی سازداوەو جێگایشی دۆزەخە، وەپیسترین جێگایەنەودۆزەخە. ئەگەر چی هەندێ وتویانە ئەم بڕیارە تایبەت بوو بەشەڕی بەدرەوە بەڵام رای کۆمەڵی زانایان لەسەر ئەوەیە کەئەم ئایەتە بۆ هەموو موسڵمانانە هەتا

فَلَمۡ تَقۡتُلُوهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُمۡۚ وَمَا رَمَيۡتَ إِذۡ رَمَيۡتَ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ وَلِيُبۡلِيَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡهُ بَلَآءً حَسَنًاۚ
إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿١٧﴾ ذَٰلِكُمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيۡدِ
ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٨﴾ إِن تَسۡتَفۡتِحُواْ فَقَدۡ جَآءَكُمُ ٱلۡفَتۡحُۖ
وَإِن تَنتَهُواْ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَإِن تَعُودُواْ نَعُدۡ وَلَن تُغۡنِيَ عَنكُمۡ
فِئَتُكُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَوۡ كَثُرَتۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ وَأَنتُمۡ
تَسۡمَعُونَ ﴿٢٠﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ قَالُواْ سَمِعۡنَا وَهُمۡ
لَا يَسۡمَعُونَ ﴿٢١﴾ ۞ إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلصُّمُّ ٱلۡبُكۡمُ
ٱلَّذِينَ لَا يَعۡقِلُونَ ﴿٢٢﴾ وَلَوۡ عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِمۡ خَيۡرٗا لَّأَسۡمَعَهُمۡۖ
وَلَوۡ أَسۡمَعَهُمۡ لَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعۡرِضُونَ ﴿٢٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ ٱسۡتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمۡ لِمَا يُحۡيِيكُمۡۖ
وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَقَلۡبِهِۦ وَأَنَّهُۥٓ إِلَيۡهِ
تُحۡشَرُونَ ﴿٢٤﴾ وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ
مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٢٥﴾

قیامەتو نابێ لە کاتی دەست پێکردنی شەڕدا موسڵمانان هەڵبێن مەگەر بۆ جێگا گواستنەوە یان خۆگەیاندن بەکۆمەڵێکی تری شەڕکەر یان گەڕانەوە بۆلای پێشەوای موسڵمانان ئەگینا بەو ئیشە دوچاری تاوانێکی زۆر گەورە دەبێت وەك لە فەرمودەی سەحیحدا هاتوە کە یەکێك لەو حەوت تاوانە گەورانەی کەدەبنە هۆی لە ناوچونی باوەڕدار سەنگەر چۆڵ کردنو پشت کردنە شەڕە، دیارە موسڵمانێك بەرانبەر دوو کافرە لەشەڕداو ئەمە لە پاشدا دێتو پێچەوانەی ئێرە نیە چونکە ئەوە بۆ ئەو کاتەیە کە شەڕ دەستی پێ نەکردوە وخاوەن باوەڕان لە دووبەرانبەری خۆیان نابێ بترسنو خۆیان لە شەڕ لادەن ئەگەر بەرپەرچێکی تر نەبوو. بەڵام پاش دەست پێ کردنی شەڕ نابێ پشت بکاتە شەڕو مەیدان بۆ دوژمن چۆڵ بکات مەگەر بەو مەرجانەی باسیان کرا چونکە بەڵگەی لاوازی بیرو باوەڕە بەهێزی الله ، وە بەدیاری بوونی کاتی مردنو پاشو پێش نەکردنیو ئەمەش زۆرلە خۆکردن نیە چونکە ئەوەیش کە باوەڕدار لەگەڵیا رووبەرو دەبێتەوە هەر بەشەرێکە وەك ئەو بەڵام باوەڕدار هێزیالله یی لەگەڵدایە ئیتر بۆ ئەبێ لەو کاتەدا رابکاتو سەنگەر چۆڵ بکاتو ببێتە هۆی شێرا بوونی دوژمنو نەترسانی لە باوەڕدارانو لە خۆ بایی بوونیو خۆ بەراست زانینی؟ ئینجا الله باسی شەڕەکە دەکاتو دەفەرموێ:

(١٧) ئەی محمد ئێوە ئەوانتان نەکوشت بەڵکو الله کوشتنیو تۆ ئەوانت نەپێکا ئەوکاتەی کەچنگە خۆڵەکەت فڕەدا بەڵام الله فڕەی دایە ناوچاوانی ئەوانەوە، بەڵێ الله ئەمەی کرد هەتا باوەڕداران تاقی بکرێنەوە لەو شەڕەدا بەتاقی کردنەوەیەکی جوان بێگومان کە الله بیسەری قسەکانتانەو زانەرە بە کردوەکانتان. ئەڵێن پێغەمبەرﷺ هەندێك بەردو لمی هەڵگرت کاتێ کە ئەوان هاتنو دوعای کردو فەرموی: {شَاهَتِ الْوُجُوهُ/المستدرك، صححه الالباني/ناشیرین بێ ئەو روانە} ئەڵێن هیچ کافرێ لەو کافرانە نەبوو مەگەر شتێکی لەو بەرکەوتبێ هەر کەسەی بەچاوی خۆیەوە خەریك بوو بەم شێوەیە ترسێکی گەورەیان بۆ پەیدا بوو جا ئەگەر مەیلی الله نەبوایە چۆن ئەو مشتە خۆڵە چاوی ئەو هەموە کافرانەی دەگرتەوەو هەمویان چاویان دوچاری خورانو ناڕەحەتی دەبوو؟

(١٨) بەڵێ ئاوایە موسڵمانان هەرکاتێ راستو خۆگرو پارێزەری ئاینی الله بن الله دێت بەهانایانەوەو زاڵیان دەکات بەسەر دوژمنانی ئایندا چونکە بێگومان کە الله لاواز کەری فڕو فێڵی کافرانەو هەرچەندە بەهێزبن هەرلە ناو دەچن موسڵمان تەنها ئەسبابێکە لەدەستی الله دایەو الله بۆ خۆی ئیشەکانی رێك دەخاتو دوژمنی پێ لە ناودەبات ، ئەبو جەهل کاتێ کە هات بۆ بەدر دەرگای کەعبەی گرتو وتی خوایە ئەوەی کەحەقە سەری بخەو ئەوەی ناحەقە لەناوی ببە بە خەیاڵی خۆی ئەم دوعایەی دژی پێغەمبەرﷺ کرد، (الله)یش فەرموی:

(١٩) ئەگەر ئێوە لە الله داوا دەکەن کە راستی بەسەر ناراستی دا سەرخات، الله نزاکەی لێ وەرگرتن بەراستی سەرکەوتن هات بۆ ئەو کەسەی کەشایستەبوو کە محمدﷺ و پەیڕەوانی بوون چونکە ئەوان راستن جا ئەگەر واز بهێنن لە شیركو دوژمنایەتی الله ئەمە چاکە بۆتان خۆ ئەگەر دووبارە بگەڕێنەوە بۆ دوژمنایەتیو دژایەتیو شەڕکردن ئێمەش دووبارە دەگەڕێینەوە بۆتان بۆ لە ناو بردنو لێدانتانو هیچ سودێکتان لەو پێڕو تاقمەی خۆتان دەست ناکەوێت ئەگەرچی زۆریش بن بەڵکو بە پێچەوانەوە تا زیاتربن زیانی زیاترتان پێ دەگات ، ئینجا پاش هەڕەشەو لاواز نیشاندانی کافران ، باوەڕداران دڵنیا دەکاتەوەو دەفەرموێ: بێگومان کە الله لەگەڵ ئیماندارانداية کەوابوو ئێوە ئەی کافران سەرناکەون بەسەر

کەسێکدا کەاللە ی لەگەڵدا بێ ، جا ئەمڕۆ پێویستە ئیمانداران وا لە خۆیان بکەن کە اللە لە گەڵیاندا بێ چونکە اللە بەڵێنی داوە لەگەڵ مرۆڤی باوەڕداری خۆگری پەرهیزکاردابێ، دەی ئەمڕۆ ئەگەر خاوەن باوەڕان هیچیان پێ ناکرێت تاوانی خۆیانەو ئەو وەسفانەیان تێدا نیەو نەبوونی ئەو وەسفانەش بوەتە هۆی بەش بەشیو لاواز بوونیان هەر بۆیە پاش ئەوەی کە فەرموی اللە لەگەڵ باوەڕداراندایە دەفەرموێ:

(٢٠) ئەی باوەڕداران پەیڕەوی اللە و پێغەمبەرەکەی بکەنو فرمانەکانیان جێ بەجێ بکەنو پشتی تێ نەکەن لەحاڵێدا کەئێوە دەبیستنو ئەزانن بۆ چیتان بانگ دەکات.

(٢١) جا ئێوە لەو کەسانە مەبن کە وتیان: بیستمان لە حاڵێکدا کەئەوان تێناگەنو پەیڕەوی فرمانەکان ناکەن ، واتە ئێوە وەك بێ باوەڕو مونافیقەکان نەکەن کە گوێیان دەگرت بەڵام هیچیان جێ بەجێ نەدەکرد ، ئینجااللە ی باڵادەست سەرزەنشتی ئەو کەسانە دەکات کە اللە نیعمەتی بیستنو قسەکردنو ژیری پێداون بەڵام ئەوان نەقسەی باش دەبیسنو نەقسەی باش دەکەنو نە ژیری دەخەنە کارەوەو دەفەرموێ:

(٢٢) بێگومان خراپترین شتێك کە بەسەر ئەو زەویەی اللە دا بگەڕێت ئەوکەڕو لاڵانەن کە عەقڵی خۆیان ناخەنە کارەوە کە لە بیستنی شتی ڕاست خۆیان کەڕ کردوەو لە وتنی شتی ڕاستو دروست خۆیان لاڵ کردوەو بیر لە هیچ شتێکی چاك ناکەنەوە، مەبەست کافروخوانەناسانە پیسترین کەسانێکن کەبەسەر ئەم زەوییەدا دەگەڕێن.

(٢٣) خۆ ئەگەر اللە بچوکترین چاکەی لەناو دڵی ئەواندا بەدی بکردایە تێی دەگەیاندن ، واتە پێویستە هەر ئینسانێك خۆی بۆ چاکەکردن هەنگاو بنێت تا اللە یارمەتی بدات ئەوانە هیچ هەنگاوێکی خێریان نەناوە تا اللە یارمەتیان بدات وە ئەگەراللە خێروچاکەیشی بەوان بگەیاندایەو حاڵی بکردنایە هەر دەستیانقەست پشتیان تێدەکرد لەحاڵێکدا کەئەوان دژایەتی کەرن بۆ ئەم قورئانە ، ئینجا ڕودەکاتە خاوەن باوەڕانو دەفەرموێ:

(٢٤) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە وەڵامی اللە و وەڵامی ئەم پێغەمبەرەیش بدەنەوە هەرکاتێك کەبانگتان دەکات بۆ ئەو شتەی کە زیندوتان دەکاتەوە کە قورئانە . واتە پێویستە لە سەرتان بەزووی بەدەم فرمانەکانی اللە و پێغەمبەرەوە بڕۆنو خۆتان ماتەڵ نەکەن چونکە هەرشتێك کە ئەوان بەئێوەی دەڵێن مایەی ژیانە بۆتان، ژیانی دنیاو ژیانی دوا ڕۆژ، جا نابێ سستیو تەمەڵی تێدا بکەن تا اللە لێتان عاجز نەبێو وازتان لێ نەهێنێ چونکە بەبێ یارمەتی اللە کەس هیچی پێ ناکرێت وەك دەفەرموێ: ئاگاداربن بەراستی اللەبەبۆنەی لاساری مرۆڤەوە پەردەیەك دروست دەکات لەنیوان مرۆڤ و دڵیا جا ئەوکاتە هەرچی قسەی بۆ بکەیت سودی لێ وەرناگرێت چونکە ئەو دڵەی کە سەرچاوەی تێگەیشتنە لەو لەشە شاراوەتەوە، ئیترهەرچی قسەی لەگەڵدا بکرێت وەك ئەوەوایە کە قسە لەگەڵ دارو بەردا بکەیت!! وەبێگومان کە ئێوە بەرەولای ئەوزاتە کۆدەکرێنەوە بۆ وەرگرتنی پاداشتی کردارەکانتان. بەراستی پێویستە کەخاوەن باوەڕان بترسنو زۆر ئاگاداری دڵەکانیان بنو ئیشی وانەکەن کە اللە ئەو دڵو فەهمەیان لێ بشارێتەوە لە فەرمودەیەکدا کە ئیمامی ئەحمەد بۆمان دەگێرێتەوە هاتوە کە پێغەمبەرﷺ زۆرجار دەیفەرمو:{ يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ.. إِنَّ الْقُلُوبَ بَيْنَ أُصْبُعَيْنِ مِنْ أَصَابِعِ اللَّهِ يُقَلِّبُهَا كَيْفَ يَشَاءُ / مسلم وغيره /ئەی گۆڕەڕی دڵەکان دڵم دامەزرێنی لەسەر ئایینەکەی خۆت . هەروەها فەرمویەتی: بێگومان کەدڵەکان لەنێوان دوو ئەنگوشتن لە ئەنگوشتەکانی اللەوچۆن ئارەزۆ بکات ئەم دیو دیوی پێ دەکات. ئەبو سەعیدی کوڕی موعەللا دەڵێت: لەمزگەوتدا نوێژم دەکرد پێغەمبەرﷺ بانگی کردم منیش وەڵامم نەدایەوە لەپاشدا وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەنوێژدا بووم فەرموی:{ أَلَمْ يَقُلْ اللَّهُ اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ثُمَّ قَالَ لِي لَأُعَلِّمَنَّكَ سُورَةً هِيَ أَعْظَمُ السُّوَرِ فِي الْقُرْآنِ قَبْلَ أَنْ تَخْرُجَ مِنْ الْمَسْجِدِ ثُمَّ أَخَذَ بِيَدِي فَلَمَّا أَرَادَ أَنْ يَخْرُجَ قُلْتُ لَهُ أَلَمْ تَقُلْ لَأُعَلِّمَنَّكَ سُورَةً هِيَ أَعْظَمُ سُورَةٍ فِي الْقُرْآنِ قَالَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ هِيَ السَّبْعُ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنُ الْعَظِيمُ الَّذِي أُوتِيتُهُ/ الترمذي، النسائي، صححه الألباني/ ئەی ألله نەیفەرموە وەڵامی خوداو پێغەمبەرﷺ بدەنەوە هەرکاتێ کە بانگی کردن بۆ لای ئەوەی کەزیندوتان دەکاتەوە؟ پاشان پێی فەرموم: بەدڵنیاییەوە پێش ئەوەی کە دەرچیت لە مزگەوتداسورەتێکت فێردەکەم کە گەورەی هەمووسورەتەکانی قورئانە پاشان دەستی گرتم جاپێش ئەوەی کە دەربچێت پێم وت: ئەی تۆ نەتفەرمووکە سورەتێکت فێردەکەم کە گەورەی هەمووسورەتەکانی قورئان بێت؟ فەرمووی: (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) کەئەوحەوتەیە کە دووبارە دەکرێتەوەو ئەوقورئانە گەورەیە کە پێم دراوە}

وَاذْكُرُوٓاْ إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِي ٱلْأَرْضِ تَخَافُونَ
أَن يَتَخَطَّفَكُمُ ٱلنَّاسُ فَـَٔاوَىٰكُمْ وَأَيَّدَكُم بِنَصْرِهِۦ وَرَزَقَكُم
مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٢٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ
﴿٢٧﴾ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ
عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٢٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ
ٱللَّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَانًا وَيُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَيَغْفِرْ
لَكُمْ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٢٩﴾ وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ
ٱللَّهُ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ ﴿٣٠﴾ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا
قَالُواْ قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَآءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَٰذَآ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ
أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٣١﴾ وَإِذْ قَالُواْ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا
هُوَ ٱلْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ
أَوِ ٱئْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٢﴾ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ
وَأَنتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴿٣٣﴾

(٢٥) وەخۆتان بپارێزن لە تاوانو خراپەو بت پەرستی چونکە ئەگەر ﷲ سزای نارد تەنها ئەوانە ناگرێتەوە کەتاوانو خراپەو بت پەرستیان کردوە بەڵکو سزا هەموویان دەگرێتەوە لە دنیادا هەرچەن لە پاشە رۆژدا هەرکەس بەگوێرەی کرداری خۆی ئیشی لەگەڵدا دەکرێت، وشەی(فِتْنَةً) بەمانای بەڵاو تاقی کردنەوەو هاوەڵ دانان هاتوەو کەبە هەرسێ ماناکە دەگونجێ بەڵام مانای سێهەمم بەلاوە نزیك ترە ، بەبت پەرستی مانام کردوە چونکە بت پەرستی جۆری زۆرەو هەموویشی هاوڵ دانانە بۆ ﷲ چ ماڵ پەرستی یان شەخس پەرستی، مەقام پەرستی بێ یان تاقمو گروپ پەرستی ، حەیوان پەرستی بێ یان مرۆڤ پەرستی، شەیتان پەرستی بێ یان فریشتە پەرستی، هەموویان هەر بت پەرستینو خاوەنەکەی بێ باوەڕو کافر دەبێو سزاکەی دنیایشی تایبەتی خۆی نیە بەڵکو بێ تاوانیش دەگرێتەوە، وەبزانن بەبێشك کە ﷲ تۆڵەی زۆر سەختە.کەچی تاوانبار وەختێ ئەو تاوانە گەورانە دەکاتو پیاوانی باش ئامۆژگاریان دەکەن دژایەتیو قسەی ناشیرینیان پێ دەڵێنو دەڵێن: ئێمە بۆ خۆمان سەربەخۆینو کەس مافی ئەوەی نیە کە رێمان لێ بگرێت؟! ئیتر چونکە ژیری کارناکات بیر لەوە ناکاتەوە کە کابرای ئامۆژگاری کەریش هەر مرۆڤە وەك ئەوو ئەویش ئەبێ ئازاد بێ لە بەرگری کردنی شتێك کە زیانی پێ بگەیەنێ، پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: سوێند بەوکەسەی کەگیانی منی بەدەستە فرمان دەکەن بەچاکەو بەرگری دەکەن لە خراپە ئەگینا نزیکە ﷲ لەلایەن خۆیەوە سزاتان بۆ رەوانە بکات لەپاشان بپاڕێنەوە لێی بەڵام ئەو وەڵامتان نەداتەوەو هەرلەناو ئەو سزادا بمێننەوە ، وەك ئەمڕۆ کە هەمو مرۆڤ بەچاكو خراپییەوە لەناو ناخۆشیو کوشتنو بڕینو تاڵان کردندایەو رۆژانە بەملیونەها پاڕانەوەو نزا دەکرێت بەڵام ﷲ وەڵامی کەس ناداتەوە ، بەراستی تۆڵەی ﷲ سەختە. ئینجا ﷲ باسی یەکێ لە نیعمەتە فراوانەکانی دەکات سەبارەت بە موسڵمانانی ئەو سەردەمەو دەفەرموێ:

(٢٦) دەی بیر بکەنەوە لەو کاتەی کە ئێوە کەم بوون کە ژێر دەستەو لاواز کرابوون لەسەر زەویداو هیچ نرخێکیان بۆ دانەدەنان ئەوە بوو لە مەکەدا تانەیان لێ دەدانو گاڵتەیان پێ دەکردنو لێیان دەدانو دەترسان کە خەڵکی هێرشتان بێننەسەرو پارچەپارچەتان بکەن ، (خطف) بەمانای فڕاندنو راکێشانی بەپەلەیە.

ئەوەبو ﷲ جێگەی پێ دانو لە مەدینەداو جێگیری کردنو بەهێزی کردنو یارمەتی دان لەلایەن خۆیەوە، وە لەشتی پاكو خاوێن رۆزی پێدان واتە ئەو تەنگانەی خۆتان لە بیر مەبەنەوەو تەماشای ئەو نیعمەتە فرەوانەی ﷲ بکەن بەڵکو ئێوەش شوکری نیعمەتی ﷲ بکەن چونکە پەروەردگارتان شوکری پێ خۆشەو بەشوکر نیعمەتەکانی خۆی زیاد دەکات، ئینجا داوایان لێ دەکات کە خیانەت نەکەنو دەفەرموێ:

(٢٧) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە خیانەت نەکەن نەلەگەڵ ﷲ دا و نە لەگەڵ پێغەمبەرداو هەرچیتان پێ دەسپێرن بەرێكو پێکی ئەنجامی بدەنو لەو ئەمانەتانەی کە بەسەرتانەوەیە وەکو نوێژو زەکاتو رۆژو حەجو جیهادو باقی فەرزەکانی تر خیانەت نەکەنو بەرێكو پێکی ئەنجامیان بدەن لەحاڵێکدا کەئێوە خۆتان دەزانن کە خیانەت شتێکی ناپەسەندەو مایەی سەرشۆڕیو شەرمەندەیی مرۆڤە هەر لە دنیادا چ جای دوا رۆژ . خۆدەشزانن کە پێغەمبەرەکەتانﷺ خیانەتی بە نیشانەیەکی مونافیقی داناوە، ئینجا دەفەرموێ:

(٢٨) جا بزانن کە ماڵو منداڵ تاقی کردنەوەیە بۆ ئێوە واتە ئەوەی کە ماڵی پێ نادات تاقی دەکاتەوە تابزانرێت چەند خۆگرەو رازیە بەبەشی ﷲ ، وەئەوەی کە پێی دەدات تا

بزانرێت چۆن رەفتاریان لەگەڵدا دەکاتو چۆنیان پەروەردە دەکاتو ئایا بەو منداڵو ماڵە سوپاسی ﷲ دەکات یان لوت بەرز دەبێو لە پێستی خۆی دەردەچێت ، ئایا ئەو ماڵو منداڵەی بۆ پەرە پێدانی ئایینو خوورەوشتە یان بۆدژایەتی ئایینو بێ بەندوباریە ، ئایا ئەم ماڵو منداڵە گورو تینی زیاتر دەکەن لەسەر ئایینو جیهاد لە پێناوی دا یان بەهۆی پاراستنو خۆش ویستنیانەوە لە ئایین دور دەکەوێتەوەو واز لە جیهاد دەهێنێت؟ بەڵێ ﷲدەفەرموێ: ماڵو منداڵ بۆ تاقی کردنەوەی مرۆڤەو لەزەتێکی کەمە بەڵام ئەوەی بۆ ﷲ بێت ئەوە چاکەو هەر ئەوە دەمێنێتەوە ، وەبەبێگومان لەلای ﷲ هەیە پاداشتی گەورە. بەڵێ پێویستە خاوەن باوەڕان خۆشەویستی ﷲو پێغەمبەریان لەلا لە هەمووشت زیاتر بێ وەك لەم فەرمودەدا پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ:{ لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ /متفق عليه/ سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە باوەڕی نیە هیچ یەکێك لە ئێوە هەتا منی لەلا خۆشەویست تر نەبێت لە گیانی خۆیو ماڵیو هەمووخەڵك. جا با خاوەن باوەڕان تەماشای ئەم فەرمودە بکەنو تەماشای ناو دەرونی خۆیشیان بکەن ئەوسا تەماشا بکەنو بزانن ئایاخۆیان دەبیننەوە لەناو کۆمەڵی باوەڕدارانی راستەقینەدا ؟! جائەگەر خۆیان نابیننەوە باخۆیان لۆمەی خۆیان بکەن. ئینجا دەرگای هەمو خێرو چاکەیەکمان پیشان دەداتو دەفەرموێ:

(٢٩) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر لەﷲ بترسنو خۆتان بپارێزن لەو شتانەی کە ئەبێتە هۆی تورەو رقی ئەوزاتە ﷲ جیاکەرەوەتان پێ دەدات واتە ئەگەر تەقواتان بوو الله شتێکی وادەخاتە ناو دڵ ومێشکتانەوە کە هەمیشە بتوانن چاکەو خراپە لەیەك جیابکەنەوە ، بەڵێ بەراستی تەقوا هۆی بەختەوەری هەردوو دنیایی مرۆڤە ئەوەتە لە دنیادا بەرچاوی رۆشن دەکرێتەوەو پاشە رۆژیش ﷲتاوانەکانتان دادەپۆشێتو لێتان خۆش دەبێت، بەراستی ﷲ خاوەنی بەهرەو فەزڵی گەورەیەو پەرهیزکاران بەشی گەورەی دەبەن . لە سورەتی تەلاقدا بەشێکی تر لە سودەکانی تەقوا باسکراوە چاك وردببنەوە لێی مایەی خۆش بەختیە. ئینجا ﷲ دەفەرموێ:

(٣٠) جا بیر بکەرەوە لەوکاتەی کە بت پەرستەکانی مەکە ویستیان فێڵێکت لێ بکەنو یەکێك لەم سێشتەت لەدژ ئەنجام بدەن، یەکەم: بت گرن وزیندانت کەن تا دەمریت. دوهەم: بتکوژن. سێهەم: دەرت بکەن. بەڵێ ئەوان هەمیشە بەردەوامن لە فڕوفێڵ کردنداو ﷲ یش هەمیشە پەکیان دەخاتو شەرمەندەو رسوایان دەکاتو لە هیچ فڕو فێڵێکیان دا سەرکەوتو نابن چونکە ﷲ زاناترو ئاگادارترو بەهێزترە لە هەمو فێڵبازان. وەسفی چاکترینی فێڵ بازان هەیە بۆ ﷲ بەڵام ئەبێ بزانین، وەسفەکەی ﷲ وەك وەسفی ئێمە نیەو نیازی بەوەسفی مرۆڤ نیە چونکە مرۆڤ بۆیە فێڵو فڕ دەکات چونکە جورئەتی روبەڕوبونەوەی راستەقینەی نیەو دەترسێت شکست بخوات بەڵام ﷲ لەکەس ناترسێت تا فێڵو فڕ بکات بەڵام چۆن فڕوفێڵی فێڵبازان بەزۆری نازانرێت تا ئەنجام دەدرێت، دەی تۆڵەی ﷲ یش هەرواکەس پێی نازانێت تا روودەدات ئەم مانایەم بەلاوە رۆشنترە لەوەی بڵێین بۆ هاوچەشنی وشەکانە بەڵێ ، ئەوان فڕوفێڵیان کرد بەڵام الله ی بەدەسەڵات فڕوفێڵەکەی ئەوانی هەڵوەشاندەوەو لە ئاکامدا پێغەمبەرﷺ سەرکەوتو ئەوان شکستیان خوارد. ئینجا دەفەرموێ:

(٣١) ئەوسا هەرکاتێ کە نیشانەکانی ئێمە بخوێندرێتەوە بەسەریاندا دەڵێن: شتی وامان بیستوە مەبەستیان چیرۆكو داستانەکانی کۆن بوو و دەیان وت: ئەگەر ئارەزۆ بکەین ئێمەش وەك ئەوە دەڵێین ، دەڵێن نەفەرێك بەناوی نەزری کوڕی حاریسەوە ئەم قسەیەی کردوە جا ئەم ئایەتە لەبارەی ئەوەوە هاتوەتە خوارەوە لەپاشدا لە بەدرا گیرا پێغەمبەرﷺ فەرموی بیکوژن ، میقداد گرتبوی وتی: ئەی پێغەمبەرﷺ ئەوە گیراوی منەو چەند جارێك وتیەوە پێغەمبەریش فەرموی :خوایە میقداد بێ نیاز بکە لە بەرەکەتی خۆت ، میقدادیش وتی: من ئەمەم ویست، وەئەمە قسەی ئەوەو دەیوت: "ئەمە بێجگەلە قسەی پڕو پوچی کۆن شتێکی تر نیە" جا لەباتی ترسان لەﷲداوای سزای دەکرد وەك قورئان دەفەرموێ:

(٣٢) باس بکە ئەی محمدﷺ ئەو کاتەی کە وتیان: خوایە ئەگەر ئەمە حەقەو راستە لەلایەن خۆتەوەیە سا لەئاسمانەوە بەرد بارانمان بکە یان سزایەکی دەردناکمان بۆ بنێرە ؟!! بەڵام خوای میهرەبان دەفەرموێ:

(٣٣) خۆ ﷲ سزایان نادات هەتا تۆ لە ناویاندابیتو ﷲ سزایان نادات مادام ئەوان داوای لێ خۆش بوون لە ﷲ بکەن. واتە نەهاتنی سزا لەبەر چاکی ئەوان نیە بەڵکو لەبەر خاتری بونی تۆیە لە ناویانداو خوای گەورە دوو شتی کردوە بە هۆی

وَمَا لَهُمْ أَلَّا يُعَذِّبَهُمُ ٱللَّهُ وَهُمْ يَصُدُّونَ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ
ٱلْحَرَامِ وَمَا كَانُوٓا۟ أَوْلِيَآءَهُۥٓ ۚ إِنْ أَوْلِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُتَّقُونَ
وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٤﴾ وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ
عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً ۚ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ
بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٣٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُنفِقُونَ
أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ
عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ ۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ جَهَنَّمَ
يُحْشَرُونَ ﴿٣٦﴾ لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ
ٱلْخَبِيثَ بَعْضَهُۥ عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُۥ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُۥ
فِى جَهَنَّمَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٣٧﴾ قُل لِّلَّذِينَ
كَفَرُوٓا۟ إِن يَنتَهُوا۟ يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ وَإِن يَعُودُوا۟
فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٣٨﴾ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ
لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ۚ فَإِنِ
ٱنتَهَوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٣٩﴾ وَإِن تَوَلَّوْا۟
فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَوْلَىٰكُمْ ۚ نِعْمَ ٱلْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ ٱلنَّصِيرُ ﴿٤٠﴾

هێورکردنەوەی ئەم گەلە لە هاتنی سزا یەکەمیان: بوونی پێغەمبەرمانﷺ لەناو خەڵکدا کە ئەمەیان بەماڵ ئاوای پێغەمبەرمانﷺ کۆتایی پێ هاتوە، دووهەمیان: پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوە بۆلای ﷲ کەئەمە تا خۆر لە ڕۆژ ئاواوە دەگەڕێتەوە دەمێنێت ، دەی ئایا بێ نمەکیو سپڵەیی نیە کە ئێمە ئەو پەروەردگارە میهرەبانە نەپەرستین کەئەوەندە بەسۆزەبۆمان؟ ئینجا ئەوانەی مەکە ﷲ تۆڵەی لێ وەرگرتنەوە وەك دەفەرموێ:

(٣٤) بۆدەبێ ئەوانە ﷲ سزایان نەدات لە حاڵێکدا کە ئەوان ڕێگای ماڵیﷲ یان گرتوەو نایەڵن تۆ ئەی محمدﷺ و موسڵمانان بچنە ناویەوە؟ وەئەوان دۆستیﷲ نین، دۆستەکانی ﷲ هەر پەرهیزکارانن، بەڵام زۆربەی ئەوان نازانن‌و پێیان وایە کە خۆیان چاکترین کەسن سەبارەت بە ﷲ و پارێزگاری کردنی ئایین. جا پێشەکی ﷲ فەرموی: سزایان نادەم مادام تۆ لە ناویاندابیت یان پەشیمان ببنەوە ، دەی وا پێغەمبەریان ﷺ دەرکردو پەشیمانیش نەبوونەوە بەڵکو ڕێگای ماڵی ﷲ یشیان گرت‌و ماوە نادەن کە موسڵمانان بچنە ناویەوەو خۆیان بەدۆستی ﷲ دەزانی‌و پێغەمبەرﷺ و موسڵمانانیان بەدوژمنی ﷲ ، دادەنا ﷲ یش بەم شێوەیە دای بەناودەمیانداو وتێی گەیاندن کە ئەوان دۆستی ﷲ نین‌و مافی ئەوەیان نیە بەناو(ﷲ)

وە دوژمنایەتی ئەو ئایینەو پەیڕەوانی بکەن. ئینجا ﷲ سەبارەت بە بەندایەتیە کانیان دەفەرموێ:

(٣٥) نوێژێك کە ئەوان دەیکەن لەلای بەیتا هیچ نیە بێجگەلە فیکە لێدانێك‌و چەپڵە کوتانێك واتە هیچ نرخێکی نیەو پاداشتیان نادرێتەوە بەڵکو سزایشی لەسەر وەر دەگرن دەسا بچژن سزا بە بۆنەی ئەوەی کە ئێوە بێ باوەڕن‌و کافرن بە بەرنامەی ﷲ . لێرەدا دەر دەکەوێت کە بەندایەتی ﷲ بەو مەرجە ڕاست‌و دروستە کە ڕێك‌و پێك بێت لەگەڵ شەریعەتی ﷲ دا ئەگینا هیچ نرخێکی نیە ئەمەش هەڕەشەیەکی زۆر توندە بۆ ئەو کەسانەی کەیاساکانی ئیسلام بەرێك‌و پێکی وەرناگرن‌و ئایین تێکەڵاو بەشتی پڕو پوچی وەك دەف‌و هەڵقونکەو هاواری ئەم‌و ئەو دەکەن‌و ناوی دەنێن ﷲ پەرستی‌و ڕێگای ڕزگار بوون. ئەمانە کە ﷲ سەرکۆنەو هەڕەشەو سزای گەورەی بۆ باس کردوون ئەوکەسانە بوون کە خزمەتی ماڵی ﷲ یان دەکردو ئاوو خۆراکیان بۆ حاجیان ئامادە دەکرد ، بەڵام پەیڕەوییان لە پێغەمبەرﷺ نەدەکرد. دەی وازهێنانی ئێمە لەوهەموو فەرزو سوننەتانەوە سەرگەرم بوونمان بەو هەموو ئیشە ناڕەواو پڕو پوچ‌و بیدعەو داهاتوانە، پەیڕەوی پێغەمبەرمانەﷺ ؟!

کابرای پێش نوێژو خوتبە خوێنی خەڵك سەدان بێ شەرعی تێدایە هەرلە ریش تاشینەوە تا جگەرە خواردن‌و پەیڕەوی بەرنامەی غەیری ئایین‌وئەنجامدانی دەیان بیدعە ، کەچی لەسەر ئەوەی کەلاوێکی تازە پێگەیشتوی کەم حاڵی‌و مێوانی ماڵی ﷲ سوننەتێکی پێغەمبەرمانﷺ ئەنجام دەدات بەتوندی هێرش دەکاتە سەری‌و بگرە بەنا موسڵمانیشی ناو ببات !! جا ئەمەو ئەوانەی خزمەتچی ماڵیﷲ ی سەرەتای ئیسلام چییان فەرقە؟! ئەی مەردم بیر بکەنەوەو واز لەو جۆرە ڕەفتارە بهێنن‌و پەیڕەوی پێغەمبەرمان ﷺ بکەن‌و دەسەڵات‌و هێز سەر ئەنجامی شکان‌و لە ناو چوونە وەك ﷲ مژدە بە خاوەن باوەڕان دەدات‌و دەفەرموێ:

(٣٦) بێگومان ئەوانەی کە کافرن ماڵەکانی خۆیان دەبەخشن تا ڕێگای بڵاوبونەوەی ئایینی ﷲ بگرن بەم زووانە ئەو ماڵە دەبەخشن‌و کۆتایی ناکەن‌و دەیانەوێ ئایین لە ناوبەرن بەڵام لەپاشا دەبێتە خەفەت‌و داخ بۆیان، (بۆ؟چونکە) لەپاشان شکست دەخۆن‌و سەروەت‌و سامانەکەشیان بەهەدەر دەڕوات‌وئەوکەسانەی کە بێ باوەڕبون لە ڕۆژی دواییدا

کۆدەکرێنەوە بۆ دۆزەخو سزاکەی، بەڵێ ﷲ ماڵ وسامانی زۆر دەدات بە بێ باوەڕان بۆ دژایەتی باوەڕداران، بۆچی؟

(٣٧) تا ﷲ پیس لە پاك جیا بکاتەوەو خراپەکان هەندێکیان بەهەندێکی تریانەوە پاڵ بداتەوە ئەوسا هەمویان لەسەر یەك کەڵەکە دەکات ، ئینجا دەیانخاتە ناودۆزەخەوە. واتە بەهۆی زۆری سامانو ماڵو هێزی بێ باوەڕان پیس لە پاك جیا دەکاتەوە چونکە لەسەرەتادا زۆر کەس لاف باوەڕ لێ دەداتو خۆی بەموسڵمان دەژمێرێت بەڵام لە وەختی روبەڕوبونەوە لەگەڵ ئەوماڵو سامانو هێزەی بێ باوەڕاندا ریزی باوەڕداران بەجێ دێڵێت بۆتەماع یان لە ترساو دەچێتە ناو ئەو بێ باوەڕانەوە تەنها مرۆڤە راستو پاکەکان دەمێنێنەوەو خراپان هەمویان یەك دەگرن واتە دەسەڵاتو هێزی بێ باوەڕان تاقی کردنەوەیە بۆ باوەڕداری راستو ناراست ، راستەکان پشت دەبەستن بە ﷲ و دەزانن سەرکەوتن بەدەست ﷲ یە نەبە زۆرو کەمی چەكو چۆڵە جا بتەوتر دەبن لە سەر ئایینەکەیان ، بەڵام ترسنۆکانو هەلپەرستان دەترسنو بۆ پاراستنی خۆیان بەزووی خۆیان دەدەنە پاڵ بێ باوەڕانەوەو ئەمەش بەژیرانەوبەکردارێکی بەسودی دەزانن بەڵام ﷲ دەفەرموێ: بەراستی ئەوانە زیان لێ کەوتوو رەنجەڕۆن . بەڵێ کاتێ سەرئەنجامو پاشەڕۆژی کافری دیاری کردو فەرموی ئەیانخەمە دۆزەخەوە واجارێکی تر هەلیان بۆ دەرەخسێنێ بەڵکو لەو سزایە خۆیان رزگاربکەنو دەفەرموێ:

(٣٨) ئەی محمدﷺ بەوانەی کە بێ باوەڕو کافرن بڵێ: ئەگەر واز بهێنن لە کوفرو فەسادو بگەڕێنەوە بۆ سەر رێگای ﷲ چاو پۆشی دەکرێت لەو تاوانو خراپانەی کەلە پێشەوە کردویانەو ئەگەر دیسان بگەڕێنەوە بۆ فەسادو کوفرو تاوان ئەوا رەوشتی پێشوان رۆیشتوە کە هەمیشە شکانو لەناوچوونی بێ باوەڕان بووە ، ئینجا ﷲ داوا لە باوەڕداران دەکاتو دەفەرموێ:

(٣٩) جا شەڕیان لەگەڵدا بکەنو لێیان بدەنو نەترسن لە هێزو توانایان هەتا بت پەرستیو ئێشو ئازاردانی موسڵمانان نامێنێتو تا ئەوکاتەی کە تەواوی بەرنامەی مرۆڤ بەرنامەی ﷲ دەبێت جا ئەگەر هاتو ئەوان وازیان هێنا پێویستە موسڵمانانیش وازیان لێ بهێننو هەوڵی بشکنینی بیرو باوەڕیان نەدەنو بیانسپێرن بەﷲ چونکە بێگومان ﷲ بەوەی کە ئەوان دەیکەن بینەرە. بەڵێ پێویستە لەسەر موسڵمان هەتا موسڵمانێك ئازار بدرێتو هەتا شیرك لەسەر زەویدا هەبێت

۞ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ
وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ إِن
كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا يَوۡمَ ٱلۡفُرۡقَانِ
يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ (٤١) إِذۡ
أَنتُم بِٱلۡعُدۡوَةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُم بِٱلۡعُدۡوَةِ ٱلۡقُصۡوَىٰ وَٱلرَّكۡبُ
أَسۡفَلَ مِنكُمۡۚ وَلَوۡ تَوَاعَدتُّمۡ لَٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِي ٱلۡمِيعَٰدِ
وَلَٰكِن لِّيَقۡضِيَ ٱللَّهُ أَمۡرٗا كَانَ مَفۡعُولٗا لِّيَهۡلِكَ مَنۡ
هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٖ وَيَحۡيَىٰ مَنۡ حَيَّ عَنۢ بَيِّنَةٖۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ
لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ (٤٢) إِذۡ يُرِيكَهُمُ ٱللَّهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلٗاۖ
وَلَوۡ أَرَىٰكَهُمۡ كَثِيرٗا لَّفَشِلۡتُمۡ وَلَتَنَٰزَعۡتُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ سَلَّمَۗ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ (٤٣) وَإِذۡ
يُرِيكُمُوهُمۡ إِذِ ٱلۡتَقَيۡتُمۡ فِيٓ أَعۡيُنِكُمۡ قَلِيلٗا وَيُقَلِّلُكُمۡ
فِيٓ أَعۡيُنِهِمۡ لِيَقۡضِيَ ٱللَّهُ أَمۡرٗا كَانَ مَفۡعُولٗاۗ وَإِلَى ٱللَّهِ
تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ (٤٤) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمۡ فِئَةٗ
فَٱثۡبُتُواْ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ (٤٥)

شەڕبکەن ئاشکرایە کوفریش هەتا زەوی هەبێ هەر دەمێنێ کەوابو جیهاد هەرگیز کۆتای پێ نایەت وەك وتراوە: {الجِهَادُ مَاضٍ اِلَىَ يَومِ القِيامِةِ/ جیهاد هەتا کۆتایی ئەم جیهانە دەمێنێت}

(٤٠) خۆ ئەگەر پاش گەز بوونەوەو دووبارە دەستیان کردەوە بە شەڕو دژایەتی کردنی ئایینی ﷲ و موسڵمانان ئێوەش لە پشتی ﷲ پەلەماریان بدەنو تارو ماریان بکەنو هیچ ترسێك نەخەنە دڵی خۆتانەوە چونکەﷲ یارمەتی دەرو سەرپەرستو دۆستی ئێوەیە دەسا ئێوە ئەی باوەڕداران چاك بزانن کە بەبێگومان ﷲ دۆستو سەرپەرستی ئێوەیە بەراستی چاکترین دۆستو سەرپەرستەو باشترین یارمەتی دەرە. ئائەمەیە داخوازی ئەم ئایینەو پێویستە باوەڕدار بجوڵێت هەتا دەسەڵاتی پەروەردگاری عالەم لەناو عالەمدا دەچەسپێنێ چونکە ئەم ئایینە نەهاتوە بۆ گاڵتەو گەمەو نەهاتوە تەنها خەڵکی فێری زانیاری جۆراو جۆربکات یان تەنها بەندایەتیەکی نێوان ﷲ و بەندەبێت بەڵکو ئەم ئایینە بەندایەتیە، حکومەتە، ئاشتیە، جیهادە، دنیایە، دوارۆژەو رزگار کەری مرۆڤە لە بەندایەتی کردنی مرۆڤ بۆ بەندایەتی ﷲ ی تاكو تەنیاو خاوەنی ئاسمانانو زەویو مرۆڤو هەموو بونەوەرە واتە دژایەتی کردنی

ئەم ئایینە بۆ نەزانیو نەفامی قسەیەکی بێ ناوەڕۆك نیە بەڵکو حەقیقەتێکی ڕۆشنو ئاشکرایەو دەبێ ئاوەها کاری لەگەڵدا بکرێت ئەگینا چ مانایەکی ترمان پێ دەدات ئەم ئایەتە؟ ئەوەتە بەدوای ئەوەدا کە فەرمووی شەڕیان لەگەڵدا بکەن هەتا لانەی شەڕو خراپەو فەساد بەتەواوی تارو مار دەکرێتو بەرنامە تەنها بەرنامەی الله دەبێ، فەرمووی چاك بزانن کە الله دۆستو سەرپەرشتی ئێوەیە کەسێك ئاوا سەرپەرشتو دۆستێکی هەبێت بێ گومان هەمیشە پاشەڕۆژ هەرهی ئەو دەبێو سەروەتو سامانی دوژمنان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە ، ئەوەتا هەر بەدوای ئەم دوو ئایەتەدا باسی دەسکەوتەکانی جیهادو چۆنیەتی دابەشکردنەکەیمان بۆدەکاتو دەفەرموێ:

(٤١) جا بزانن ئەوەی کە ئێوە دەستان دەکەوێت لە کافرانەوە بەشێوەی غەنیمەت. جیاوازی غەنیمەتو فەیئ ئەوەیە کە غەنیمەت بەو ماڵە دەڵێن کەبەهۆی جیهادو شەڕەوە لەکافرانەوە بکەوێتە دەست موسڵمانان "فەیئ" یش ئەو ماڵەیە کەبە بێ شەڕ دەکەوێتە دەست موسڵمانان ئەم ئایەتەی ئێرە باسی یەکەمیانەو باسی فەیئیش لە سورەتی حەشردا دەکرێت، جا لێرەدا دەفەرموێ: دابەش کردنی بەم شێوەیە: چواربەش لە پێنج بەشی دەدرێت بە جەنگاوەرانو یەك بەشی لەو پێنج بەشەیش دابەش دەکرێت بەسەر ئەم پێنج لایەنەدا جابەبیگومان پێنج یەکی ئەو غەنیمەتە هی الله یەو دەدرێت بەپێغەمبەرو خزمانی پێغەمبەرﷺ کە کوڕانی هاشمو کوڕانی موتەللیب دەگرێتەوەو بەهەتیوانو بەنەداران ، وەدەدرێت بە ڕێبوارانێ کەلە ڕێگادا پارەیان لێ دەبڕێ ، بەڵێ ماڵی دەست کەوتو لە کافرانەوە بەشەڕ ئاوا دابەش دەکرێت، جا ئیتر ئەوانەماون هەموویان یان نەماونو چۆن دابەش دەکرێت ئەوەی پێغەمبەرﷺ بەکێ دەدرێتو دەیان پرسیاری تر بچۆ لە پەڕاوەفیقهیەکاندا تەماشای بکەو چوونە ناو ئەو کێشە فیقهیەیانە بە بیرو رای من تامو چێژی ئایەتەکە کەم دەکاتەوەو وام پێ چاکە ئەو مەسئەلە خیلافیانە تا بکرێت باس نەکرێت لەمانای قورئاندا جا کەسێك کە دەیەوێت شارەزاببێت با بچێتە سەر پەڕاوە فیقهیەکانو تەماشای ئەوان بکات، الله جەزای زانایانی پێشومان بداتەوە بەراستی گەورەو بچوکیان تۆمارکردوە. جا فەرموی: ئاوەها دابەش دەکرێت ئەگەر باوەڕتان بە الله و بەو قورئانەی کە ڕەوانەمان کردوەتە لای بەندەی خۆمان کە محمدﷺ هەیە کەرێکەوتی ڕەوانەی کردنەکەی لە ڕۆژی جیاکردنەوەی حەق لە ناحەقدا بووە کە ڕۆژی جەنگی بەدرە کە حەقدەی ڕەمەزانی ساڵی دووهەمی کۆچی بوو ، وە ئەو ڕۆژەی کە هەردوو کۆمەڵەکە دایان لەیەك واتە موسڵمانانو کافران لەبەدردا وە الله دەسەڵاتی بەسەر هەمو شتێکدا هەیە ، ئەوەتە ئەو کۆمەڵە کەم هێزەی سەرخست بەسەر ئەو کۆمەڵە بەهێزەدا جا هەروەك لە پێشەوە وتمان ئەم سورەتە پاش تەواوبوونی جەنگی بەدر هاتوتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرمانﷺ و بەدرێژی ئەو جەنگە گەورەو پیرۆزەو ڕوداوەکانی باس دەکات دیارە هەندێکی ڕۆیشتو ئەمەی لەمەولایش باسی هەندێکی تریەتی جا لێرەدا الله جێگای دانیشتنی هەردوو کۆمەڵەکە دیاری دەکات بۆ قورئان خوێنانو دەفەرموێ:

(٤٢) بیر کەرەوە لەو کاتەی کە ئێوە لەلایەکی نزیکی مەدینەوەبوون وەئەوانیش لەلایەگی دووری مەدینەوە بوون ئەو قافڵەیەش کە ئێوە بۆی چوون لە خواروی ئێوەوە بو لە کەناری دەریا ، وەئەگەر ئێوە بەڵێنتان بەیەکتر بدایە بۆ ئەو جێگایە نە ئەوان دەهاتنو نە ئێوەش ، ئێوە دەتان وت: ئێمە کەمینو چاری دوژمن ناکەینو ئەوانیش دەیان وت: دورەو ئێمە ناگەینە ئەو جێگایەو چەندین بەڵگەو بەهانەی تر بەڵام بۆ ئەوەی الله جێ بەجێی بکات ئیشێك ، کە ئەو ئیشە ئەنجام دراوە لە زانیاری ئەودا ، واتە الله خۆی لە کۆنەوە ئەو قەرارەی داوە کە ئەو جەنگە لەوێدا ببێو ئەو کۆمەڵە لاوازە سەربخاتو ئەو ژمارە بەهێزە تارو مار بکاتو لە ناویان ببەتو بزانرێت کێ ڕاستەو کێ ناراست تا ئەوەی کە لەناو دەچێت لەسەر چاوڕۆشنی بێو بەهانەی نەبێ لە ڕۆژی دواییداو نەڵێت ئەم زانی محمدﷺ و پەیڕەوانی ڕاستن ، بۆیە دوژمنایەتیم دەکردن بەڵام بەجەنگی "بەدر" دەرکەوت کێ ڕاستەو الله ی لە گەڵدایەو کێیش ناراستەو دژی الله یە ئیتر لەناو چونی کافران لە سەر چاوڕۆشنیەو تا ئەوەیشیان کە دەژیو باوەڕی بەئایین هەیە بە چاوڕۆشنی بژێتو بزانێ کە ڕێبازەکەی ڕاستەو پەروەردگاری لەگەڵدایەو یارمەتی دەداتو لەزۆری هێزی دوژمنانی ئایین نەترسێت ، وەبەبێگومان الله بیسەری هەموو قسەکانتانەو زانەری هەمو ئیشەکانتانەو هیچی لێ پەنا نادرێت. جا هەربۆ ئەوەی هەردوولا سوربن لەسەر جەنگ الله دەفەرموێ:

(٤٣) بیر بکەرەوە لەو کاتەی کەالله بێ باوەڕانی لە خەودا بەکەمی خستەبەر چاوی ئێوەو ترستان نەما لێیانو دڵی

بەهێزکردن ، ئەڵێن پێغەمبەرمانﷺخەوی دیو لە خەویدا بێ باوەڕانی زۆربەکەمی هاتە پێش چاوو ئەمەیشی باس کرد بۆ موسڵمانانو زۆر دڵیان خۆش بو، بۆ؟ چونکە ﷲدەفەرموێ: ئەگەر من ئەوانم بەزۆری پیشانی تۆبدایە ئێوە دەترسانو شکستان دەخواردو بەدڵنیاییەوە ناکۆکی لەناوتاندا پەیدا دەبو سەبارەت بەوەستانو جەنگ کردن وشپرزە دەبوون بەڵام ﷲ ئەم بڕیارەی داوەو دەبێت جەنگ بکرێت ئەم خەوەی بەپێغەمبەرﷺ پیشان داو ئەویش بە موسڵمانانی فەرمو: بەبێگومان کەئەو زانایە بەوەی کەلەناو دڵەکاندا هەیەو دەزانێ چۆن بەهێزیان بکاتو چۆن لاوازیان بکات ئەوەتە دیسان دەفەرموێ:

(٤٤) دەی بیر بکەرەوە لەو کاتەی کەﷲ ئەوانی بەشێوەیەکی کەم خستە پێش چاوی ئێوە کاتێ کە گەیشتنە یەك بۆ شەڕ وەهەروەها ئێوەیشی کەم کردەوە لە بەر چاوی کافرانو زۆر بەکەمیان زانینو بێ ترس بوون لێتانو پەلاماریان هێنا بەڵام کاتێ دەست کرا بەشەڕو هەردوولا ڕژانە ناو یەك ﷲ باوەڕدارانی زۆرکرد لەبەرچاوی دوژمنانو ترسی زۆریان لێ نیشتو گەرمو گوڕی پەلامارەکانیان نەماو هەرکەس دەیویست خۆی ڕزگاربکات بەم شێوەیە ئەم ئایەتە لە گەڵ ئایەتی سیانزەی سورەتی "ال عمران" دا ناگیرێنەیەك بۆهەریەکێکیان جێگای تایبەتی خۆی هەیە، بەڵێ ﷲ کافرانی بەشێوەیەکی زۆرکەم خستەبەر چاوی موسڵمانانو موسڵمانانیشی هەروا بەشێوەیەکی کەم خستە بەر چاوی کافران، بۆچی؟ بۆئەوەی کەﷲ جێ بەجێی بکات ئیشێك کە لەلای خۆی ئەنجام دراوە، وەتەواوی کارو بارەکان دەگەڕێنەوە بۆلای ئەوو ئەوەی کە بڕیاری داوە هەرئەوە دەبێو کەس ناتوانێ بیگۆڕێت، جا ئەو بڕیاری دابو کەلەم جێگاداو لەم کاتو سەردەمەدا ئەو جەنگە ببێو ڕاستو ناڕاست بۆهەموو کەس دەرکەوێتو ببێت بەخاڵێکی گرنگ لە گۆڕانی کاری ئیسلامیو جیابونەوەی دەوری خۆگریو دان بەخۆداگرتن لەگەڵ دەوری خۆ ئامادەکردنو هێرشو جەنگو پەل هاویشتن بەم لاولای وڵاتە تازە پێگەیشتوەکەی ئیسلامداو قۆناغی خۆ مت کردنو بێ دەنگی گۆڕی بۆ قۆناغی دامەزراندنی سوپایەکی ئازاو لێ هاتوو گیان فیدا بەڕاستی هەر لێکدانەوەی قورئان جوانە کەئەو دوو قۆناغە لەیەك جیا دەکاتەوەو دەفەرموێ ﴿يَوْمَ ٱلْفُرْقَانِ يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ﴾ الأنفال: ٤١ بەڵێ دەورەی دان بەخۆدا گرتن

وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْۖ
وَٱصْبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ (٤٦) وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ
خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بَطَرًا وَرِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَيَصُدُّونَ
عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ (٤٧) وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ
ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱلْيَوْمَ مِنَ
ٱلنَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَّكُمْۖ فَلَمَّا تَرَآءَتِ ٱلْفِئَتَانِ نَكَصَ
عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّي بَرِيٓءٌ مِّنكُمْ إِنِّيٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ
إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَۚ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ (٤٨) إِذْ يَقُولُ
ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَٰٓؤُلَآءِ دِينُهُمْۗ
وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٤٩)
وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۙ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ
وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ (٥٠) ذَٰلِكَ
بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ (٥١)
كَدَأْبِ ءَالِ فِرْعَوْنَۙ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۚ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ
فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْۗ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ (٥٢)

نەماو کاسەی خۆگری موسڵمانان پڕبو ئینجا نۆرەی ڕژاندنێتیو بەم جەنگە ﷲ چرای سەوزی بۆ موسڵمانان ڕۆشن کردو دڵی بت پەرستانی هێنایە بەردەستیانو هەموو برینەکانی سارێژکردنو تێی گەیاندن کە ئەودۆستانی خۆی خۆش دەوێت هەرلەبەر ئەو خۆشەویستیەشە دوچاری هەندێ کۆسپو تەگەرەیان دەکات تا ترسنۆكو ناپاك لە ڕیزەکانیان دەرپەڕێنێو پاكو خاوێنەکان بمێننەوەو جاوا لێرەدا وانەیەکی تری گرنگی کاتی جەنگ بەخاوەن باوەڕان دەڵێت وتێیان دەگەیەنێ کە جەنگی ئێوە تەنها چەكو چۆڵەنیەو فێربونی ئیشی سەربازی نیە بەڵکو سەرەڕای ئەوەش دووشتی تری گرنگ هەن ئەبێ ئاگاتان لێیان بێت جا بۆ ڕۆشن کردنەوەی ئەو دووشتە دەفەرموێ:

(٤٥) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئێوە گەیشتن بە کۆمەڵێکی بێ باوەڕ لە کاتی شەڕدا سابتو خۆگربنو ڕانەکەن کەئەمە مەرجێکی گرنگی پیرۆزییە دووهەم: زۆریادیﷲ بکەنو لەو کاتەدا ﷲ تان لە بیر نەچێت بەڵکو سەرکەونو لەدەستی دوژمنان ڕزگاربن. ئەمەیە وانەی قوتابخانەی قوتابیانی قورئانوﷲ خۆی مامۆستایی سەربازەکانی خۆی دەکاتو فێری خۆگریو هۆی سەرکەوتنیان دەکات جا خۆزگە بەو کەسەی کە بەڕاستی قوتابی ئەو قوتابخانە دەبێت ، لێرەش

ئەوەمان تێ دەگەیەنێ کە خاوەن باوەڕان کاتێ کە خەریکی بەندایەتیێکی گرنگی وەك جیهاد دەبن نابێ بێجگە لە الله مەبەستێکی تریان هەبێت چونکە هەرکەسێك مەبەستێکی غەیری الله ی هەبێ با لە جیهادیش دا بکوژرێت هیچ سودی نابێ و دۆزەخ جێگایەتیو پێویستە خاوەن باوەڕان نیەتی خۆیان پاك بکەنەوە لە هەموو خەوشو خاڵێك ، راست لەبەر الله جەنگ بکەنو مەبەستێکی تریان نەبێ بۆیە دووبارە دەفەرموێ:

(٤٦) دەی پەیڕەوی الله و پێغەمبەرەکەیﷺ بکەنو سەربازێکی راستەقینەی الله و پەیڕەوی پێغەمبەرﷺ بنو ناکۆکی لەنێوان خۆتاندا دروست نەکەن، بۆ؟ چونکە ئەگەر ناکۆکیتان دروست کرد ئەوسا شکست دەخۆنو ئیتر ناووناوبانگی خۆتان لەدەست دەدەن چونکە ئەگەر موسڵمانان بەراستی پەیڕەویی الله و پێغەمبەرﷺ بکەنو ناکۆکی لە نێوان خۆیاندا دروست نەکەن خاوەنی ناوو ناوبانگو هێزو دەسەڵات دەبن بەڵام هەرمەرجێك لەو سێ مەرجانەیان تێدا نەما ناوو ناوبانگ لەدەست دەدەنو دوژمن تارو ماریان دەکات جا ئەگەر شتێك هەبێ کە هۆی ناکۆکی بێ بابەزوی بن بڕی بکەنو نەیەڵن تەشەنەبکات، وەئەگەر هەرنەکرا دان بەخۆتاندا بگرنو چونکە بێگومان کە الله لەگەڵ خۆگراندایە ئەوکەسەی کە خۆی دەگرێت الله یارمەتی دەداتو کارو کۆششی زایەناکات، جا کەسێك خۆی بگرێو الله ی لەگەڵ دابێ چاکەو سەرکەوتووە یان کەسێك ناکۆکیو دوودەستەی دروست بکات کە هۆی رقو قینی الله یەو سەرئەنجامیشی روخانو نەمانێتی؟ واتە لەم دوو ئایەتەدا پێنج مەرجی سەرکەوتنی پێ فەرموین بەخۆگری ویادی الله لە جەنگا ، پەیڕەوی الله وپەیڕەوی پێغەمبەرﷺ، دوورکەوتنەوە لە ناکۆکیو دووبەرەکی.جائەوانەی کە ئەیانەوێ خەلافەتی ئیسلام بگەڕێننەوە باتەماشای خۆیان بکەنو بزانن ئەم پێنج خاڵە لەواندا هەیە یان نە؟ ئاشکرایە ئەگەر نەڵێین هیچ خاڵێکیان تێدا نیە زۆربەی ئەو خاڵانە لەوان دا بەپێچەوانەیە، جا ئەگەر نەگەڕێنەوە بۆ راستە رێگا بەراستی گومڕابوونو گومڕاکەرن، ئینجا الله ی باڵادەستو زانا وانەیەکی تر بەقوتبیانی قوتابخانەکەی خۆی دەڵێتو دەفەرموێ:

(٤٧) ئێوە وەکو ئەوکەسانە نەبن کەدەرچون لە ماڵەکانیان لوت بەرزو خۆبەزل زانو خۆبەخەڵك پیشاندەرانەو بەربەستیان لە رێگای ئایینی الله دا دادەناو خەڵکیان بەرگری دەکرد لە ئایین، بێگومان کە الله دەزانێ بەو ئیشانەی کە ئەوان دەیکەنو هیچی لە زانینی الله دەرناچێت چونکەالله بەزانیاری خۆی گەمارۆی ئیشەکانیانی داوە ، جا چی دەکەنو بۆکوێ دەچن خۆ ئەوان چواردەوریان گیراوە ، ئەمە وەسفی ئەو بت پەرستانەی مەکە بو کاتێ کەهاتن بۆ بەدر ، جائێوەی باوەڕدار نابێ ئەو وەسفانەتان تێداهەبێت ، بەراستی ئەڵێیت ئەم قورئانە ئەمرۆ دابەزیوە کابرا خۆی بەموسڵمان دەزانێ کەچی لوت بەرزەو هەمیشە خەریکی رێگرتنی بڵاوبونەوەی ئایینی الله یەو لەرێگای پەیڕەوانیدا دەیان کۆسپ سازدەدات ، تەنانەت لە کوشتنی باوەڕدارانیش کۆتایی ناکات، با فرمانڕەوایانی وڵاتانی ئەمڕۆی ئیسلامی تەماشای خۆیان بکەنو لەگەڵ ئەم ئایەتەدا وبەراوردێکی خۆیان بکەن کەئەم ئایەتە بۆ تۆی موسڵمانە ئەگەر ئەوسیفەتەت تێدا نیە سوپاسی الله بکە ، وەئەگەر هەیە بەزەییت بەخۆتا بێتەوەو تاروبەروی دادگای الله نەبویتەوە پەشیمان بەرەوەوئەرکی گەیاندنی ئەو پەیامە بەرێزە بەواجبی خۆت بزانە تاوەك دنیات هەیە قیامەتیشت هەبێت دڵنیابە کە سبەینێ بەروتوقوتیوبێ دەسەڵات لەبەردەم دادگای الله دا رادەگیرێیتو بەوردی حیسابت لەگەڵدا دەکرێت ، ئینجا الله وێنەیەکی تری ئەو روداوە دەخاتە بەرچاومانو دەفەرموێ:

(٤٨) جا بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە شەیتان کردارە ناپەسەندەکانیانی بۆ جوان کردنو وتی: ئەمڕۆ هیچ کەسێك بەسەر ئێوەدا سەرناکەوێت ، دەڵێن: شەیتان لەشێوەی(مالیکی کوڕی مودلەجیدا)کە یەکێ بو لە پیاوە ناودارەکانی کەنانە هاتە ریزی بت پەرستانی مەکەو وتی: من پەنای ئێوە دەدەمو نایەڵم کەسێك لێرەدا شتێك بکات کە ئێوە پێتان ناخۆش بێت بەڵام کاتێك کەهەردوو کۆمەڵ بەرامبەری یەکتر وەستان ئینجا ئەو تاوانبارە پاشەکشەی کردو وتی: من بێوەریم لە ئێوە، چونکە بەبێگومان من شتێك دەبینمو دەزانم کەئێوە نایبینن و نایزانن، دەڵێن: چاوی بەجبرەئیل وئەو فریشتانە کەوت کە دابەزی بوون بۆ یارمەتی دانی موسڵمانان جا ئەوزۆر ترساو پاشەکشەی کردو گەڕایەوەو وتی: بەبێشك من لە الله دەترسمو بەراستی الله تۆڵەی زۆر سەختە ، جا کاتێ کەروبەڕوبونەوە موسڵمانان بەوکەمیەی خۆیانو الله یش کەمتری کردبونەوە لەبەر چاوی دوژمنان ، ئەوانەی کەلە مەکەدا باوەڕیان هێناو بەڵام کۆچیان نەکردبو ئێستایش هاتبون بۆ بەدرو چاویان بە موسڵمانان کەوت دەستیان کرد بەقسەی ناشیرین وەك الله دەفەرموێ:

ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟
مَا بِأَنفُسِهِمْ ۙ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٣﴾ كَدَأْبِ ءَالِ
فِرْعَوْنَ ۙ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ فَأَهْلَكْنَٰهُم
بِذُنُوبِهِمْ وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ ۚ وَكُلٌّ كَانُوا۟ ظَٰلِمِينَ ﴿٥٤﴾
إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٥٥﴾
ٱلَّذِينَ عَٰهَدتَّ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِى كُلِّ مَرَّةٍ
وَهُمْ لَا يَتَّقُونَ ﴿٥٦﴾ فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِى ٱلْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِم
مَّنْ خَلْفَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿٥٧﴾ وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن
قَوْمٍ خِيَانَةً فَٱنۢبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَىٰ سَوَآءٍ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْخَآئِنِينَ
﴿٥٨﴾ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ سَبَقُوٓا۟ ۚ إِنَّهُمْ لَا يُعْجِزُونَ ﴿٥٩﴾
وَأَعِدُّوا۟ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ
تُرْهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمْ
لَا تَعْلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِن شَىْءٍ فِى سَبِيلِ
ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴿٦٠﴾ ۞ وَإِن جَنَحُوا۟
لِلسَّلْمِ فَٱجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٦١﴾

(٤٩) بیربکەرەوە ئەی محمدﷺ لەوکاتەی کە مونافقان‌و دڵ نەخۆشان دەیان وت: بەراستی ئەوانە ئایینەکەیان سەری لێ تێکداون‌و مەغروری کردوون ئەگینا چۆن بەوکۆمەڵەکەمەوە ئامادەی شەڕکردن دەبن لەگەڵ ئەم کۆمەڵە زۆرو پڕ چەك‌و بەهێزەدا؟ بەڵێ لای دنیا پەرستان تەنها شتی رواڵەتی دەوری هەیەو باوەڕیان بەشتە نهێنیەکان نیەو هەمیشە هەر بە"ربە"ی خۆیان دەپێون، جا ﷲ پوچی‌و بێ ناوەرۆکی بۆچونەکانیان بەم شێوە رون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ئەوسا هەرکەسێك پشت ببستێ بە ﷲ، بەسە بۆی چونکە بەبێگومان کە ﷲدەسەڵات دارو کاربەجێیە. جا ئەو کەسەی پشتی بەو بەست کێ دەتوانێ پشتی لە زەوی بدات؟ ﷲ هەرخۆی دەتوانێ لە ناویان ببات بەڵام نایکات چونکە دنیایی بۆ تاقی کردنەوەی مرۆڤ دروست کردوە ، ئینجا ﷲ باسی سەرەمەرگی بێ باوەڕان دەکات‌و دەفەرموێ:

(٥٠) ئەی محمدﷺ ئەگەر چاوت لێ بوایە ئەو کاتەی کە فریشتەکان گیانی ئەوکەسانەیان دەکێشا کە بێ باوەڕبوون چ وەزعێکی خراپیان بوو کە فریشتەکان بۆ تۆڵە سەندنەوەی ئایینی ﷲ لەبت پەرستان، پێش گیان دەرچوونیان لەدەم‌و چاویان‌و لەپشتیان دەدان‌وپێیان دەوتن: دەی بچێژن سزای سوتێنەر. بەڵێ بێ باوەڕان هەر لە نزیکەی سەرەمەرگییەوە سزاو هەڕەشەو قسەی ناشیرین پێ وتنیان دەست پێ دەکات جا ئەوە نەبی کە ﷲ ستەمیان لێ بکات، نەخێر بەڵکو بەهۆی ستەمکاری خۆیانەوە دوچاری ئەو رۆژگارە سەختەدەبن وەك دەفەرموێ:

(٥١) ئەوەش بەبۆنەی ئەو کردارە خراپانەیانەوە بوو کەپێش هاتنی مەرگ کردبویان‌و بەبێشك کە ﷲ هیچ ستەمێك لە بەندەکانی خۆی ناکات. وشەی **(ظَلَّام)** صیغەی مبالغە نیە بەڵکو ناوێکی نیسبیە واتە ستەم نادرێتە پاڵ ﷲو ستەمکار نیە وەکو (بَقَّال، خَبَّاز /میوە فرۆش، نانفرۆش) نەك بڵێیت ﷲ زۆر ستەم ناکات، لە فەرمودەی قودسیدا هاتوەو ئیمامی موسلیم لە پێغەمبەرەوەﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کەﷲ فەرمویەتی:{ **يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا فَلَا تَظَالَمُوا** / ئەی بەندەکانم من ستەمم لە خۆم قەدەغەکردوەو لە نێوان ئێوەشدا قەدەغەم کردوە سا ئێوەش ستەم لە یەکتر نەکەن} بەڵێ ﷲستەم ناکات بەڵام بەندە ستەم لە خۆی‌و خەڵکیش دەکات‌و سەرئەنجام بەو رۆژە رەش‌و ناهەموارە دووچار دەبێت ، ئەوەبوو بێ باوەڕانی مەکە بەسەرپەرشتی فیرعەونی ئەم گەلە هەرچییان توانی لەدژایەتی پێغەمبەروﷺ پەیڕەوانی‌و رێبازی ﷲ کردیان بۆ ئەوەی کۆتایی بەژیانی پێغەمبەرﷺ و پەیڕەوانی بهێنن‌و هاتنە "بەدر" بەڵام ئابەو شێوەیە ﷲ تۆڵەی ئەوەڵ‌و ئاخری لێ کردنەوە، وەئەم تۆڵە کردنەوەی ﷲ لە تاوان باران‌و بێ باوەڕان رەووشتێکی ﷲیەو ناگۆڕێ وەك دەفەرموێ:

(٥٢) ئەمەی کەبەم کافرانەی بەدر کرا هەروەکو ئەوە وایە کەبە دارو دەستەی فیرعەون‌و ئەوانەی پێش ئەویش کرا چونکە ئەوانیش بێ باوەڕبوون بە نیشانەکانی ﷲ جا ﷲ بەبۆنەی گوناهەکانیانەوە تۆڵەی لێ سەندن بەبێگومان کە ﷲ تۆڵەی بەهێزەو زۆر سەختە.

(٥٣) بڕیاری ﷲ ئائەوەیە چونکە بەبێشك ﷲ هەر نیعمەتێکی دابێت بەگەلێك نەیگۆڕیوە هەتا ئەو گەلە خۆیان هەوڵی گۆڕاندنیان نەدابێت‌و ئەو بارو دۆخەچاکەی خۆیان نەگۆڕیبێت ، ئاشکرایە نیعمەتی ئایین‌و پێغەمبەرایەتی لە هەمو نیعمەتەکانی تر گەورەترە جا هەرکاتێك ﷲ پێغەمبەرو ئایینێکی ناردبێ بۆ گەلێك ، ﷲ تۆڵەی لێ وەرنەگرتون تا

خۆیان پشتیان کردوەتە ئایینو پێغەمبەرەکەیانو دژی وەستاوون ئینجا ﷲ تۆڵەی لێ سەندوونو سزای داوون ئەوەبو ﷺ بەم گەلەیشی فەرمو تا پێغەمبەرتان لەناودابێ یان تا پەشیمان ببنەوەو داوای لێ خۆشبون بکەن ﷲ سزاتان نادات، بەڵام ئەوان هەم پێغەمبەریانﷺ دەرکردو هەم پەشیمانیش نەبوونەوە بەڵکو هاتن لەبەدرا کۆتایی بەتەمەنی پیرۆزی پێغەمبەرﷺ و یارەکانیو ئایینەکەی بهێنن ئەوەبو ﷲ چی بەسەر هێنان ، وە ئەمەش رەوشتێکی هەمیشەی ﷲ یە لە پێش ئەوانو لە پاش ئەوانیشداو بێگومان کە ﷲ بیسەری هەمو جۆرە قسەیەکە ئاشکرابێ یان پەنامەکیو زانەری هەمو ئیشو کارو بارێکە چۆن بێو کەی بێو لە کوێدابێت ، چاکو خراپی لێ ناگۆڕێتو ستەم لە هیچ کامیان ناکات ، داروودەستەی فیرعەون دژایەتی موساو بەڵگە رۆشنەکانی ﷲ یان کرد وەك دەفەرموێ:

(٥٤) وەکو خوورەوشتی ئالی فیرعەونو ئەوکەسانەی کەلە پێش ئەوانەوەبوون کەئەمانە هەمویان بێ باوەڕبوون بە نیشانەکانی پەروەردگاری خۆیان ئەوسا ئێمەش بەهۆی گوناهەکانیانەوە ئەوانمان لەناو بردو دەستەو دایەرەی فیرعەون _بەخۆیەوە_لەدەریادا نوقمەان کردنو هەمویان ستەمکاربوون بۆیە ئاوامان لەگەڵدا کردن. خۆ مرۆڤ زۆربەنرخە لەلای ﷲ ئەگەر باوەڕداربێ بەڵام ئەگەر لە یاسای ﷲ لای داو دژایەتی ئایینی کرد ئینجا دەفەرموێ:

(٥٥) بێگومان خراپترین شتێك کە بەسەر ئەم زەویەدا هاتو چۆبکات لەلای ﷲ ئەوکەسانەن کە کافرن ئیترئەوانە باوەڕناهێنن. جا ئەوانەمان بۆ پێناسە دەکاتو دەفەرموێ:

(٥٦) ئەوانەن کەتۆ پەیمانیان لەگەڵدا دەبەستی بەڵام ئەوان هەموو جارێك ئەو پەیمانە دەشکێننو گوێی پێ نادەنو ئەوان هەرگیز لە خراپەو تاوانو خیانەتو پەیمان شکاندن خۆیان ناپارێزن ، بۆیە ﷲ تورەیە لێیانو دەفەرموێ:

(٥٧) جا هەرکاتێ تۆ توشی ئەوان بوی لەشەڕدا دەستی وایان لێ بوە شێنە کە کەسانی تر بیر لە خیانەتو پەیمان شکاندن نەکەنەوە ، بەڵکو بیر بکەنەوەو کارێکی ئاوانەکەن کە دووچاری ئەو سزاو تۆڵەی دنیا ببن بەدەستی موسڵمانان وەکو ئەوەی لە بەدردا بەسەر بت پەرستانی مەکەدا هات ، واتە جەنگی ئیسلام بۆ لە ناو بردنو بن بڕکردنی جەنگە ، جەنگە لە پێناوی نەمانی جەنگدا دەبێ تاوان بارانی شەڕخواز وایان لێ بدرێت کە هەرکەسێکی بێ باوەڕو دەرون پیس بیستی جورئەتی دژایەتی ئایین نەکات ، ئاشکرایە کە جورئەتی جەنگی نەکرد ، جەنگیش نابێو خۆیشیانو باوەڕدارانیش دەحەسێنەوە ، جا پاش ئەوەی کە ﷲ سەربازەکانی خۆی هەڵناو داوای لێ کردن کەلە جەنگدا خۆگرو چاو نەترسو گورزوەشێن بن ، باسی ترسان لەوانەی کە پەیمانیان بەستوە بەڵام بەهەڵسو کەوتەکانیاندا دەردەکەوێت کە پابەند نین بەپەیمانەکانیانەوەو لەوە دەچێت کە ئەگەر هەلیان بۆ بڕەخسێت هێرش بکەنە سەر موسڵمانان ، سەبارەت بەمانە دەفەرموێ:

(٥٨) جا ئەگەر تۆ ترسای لە هەر گەلێك کە خیانەت بکەن لە گەڵتا دەی تۆش پەیمانەکانیان پێ بدەرەوە تا ئێوەو ئەوان وەك یەکبنو هیچکامتان پابەند نین بەو پەیمانەی کە لەپێشەوە بەستوتانە واتە دەبێ ئاگاداریان بکەیتو نابێ پێش ئاگادارکردنیان هێرش بکەیتە سەریان چونکە ئەوە خیانەتەو بەبێگومانﷲ خیانەت کارانی خۆش ناوێت هەرکەسێك ببێت ، واتە نابێت بۆ ئەوەی بگەیت بە سودێکی ئایین رێگای خیانەتکاریو درۆو دەلەسە بگریتەبەر ، لە روانگەی ئیسلامەوە مەبەستی چاك هۆکانی چاك ناکاتو نابێ بۆ هەدەفی بەنرخو بەرز رێگای خیانەتکاری بگرێتەبەر ، خیانەت خیانەتە درۆ درۆیەو خراپە خراپەیە هەرکەس بیکات بۆهەرچی بیکات ، دیسان هەربۆ بەهێزکردنی سەربازانی راستەقینەی ئیسلام ﷲ ی باڵادەست هێزو توانایی بێ باوەڕان بێ نرخ دەکاتو دەفەرموێ:

(٥٩) باکافران وانەزانن کەوا پێش کەوتوون لە دەسەڵاتو هێزیانداو لە چەكو چۆڵەو زۆری ژمارەیاندا ئیتر دەتوانن هەموو ئاواتی خۆیان بێننەدیو چیان دەوێ بیکەن ، یان ئەی محمدﷺ تۆ ئەو گومانە نەبەیت بە بێ باوەڕان لەبەر پێشکەوتن لە هێزو دەسڵاتیاندا چونکە ئەوان ناتوانن ﷲ دەستە پاچەبکەن، ئەوان ناتوانن لە دەستی هێزیﷲ دەربچن هەر چۆن ببن لە چاو هیزو دەسڵاتیﷲ دا ناگات بە هیزی بچوکترین گیان لەبەری زەوی. ئینجا دەفەرموێ:

(٦٠) ئەوسا ئێوە خۆتانیان بۆ ئامادە بکەن بەئەوەی کەلە تواناتاندایە بۆ بەر پەرچدانەوەیانو نەترسن چونکە ئێوە هێزی بێ سنوری ﷲ تان لەگەڵدایە ، لێرەدا نەیفەرموە خۆتان ئامادەبکەن بە هێزو چەكو چۆڵە وەك دوژمن بەڵکو

دەفەرموێ: ئێوە بەگوێرەی توانای خۆتان خۆتانیان بۆئامادەبکەن‌و ئەوەی کەلە تواناتاندا نیە وازی لێ بهێنن بۆ تواناو هێزی ﷲ ، ئەمەش بەلگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە ﷲ سەربازانی راستەقینەی خۆی خۆش دەوێت‌و هەمیشە دێت بەهاواریانەوەو هەر لەسەرەتاوە رێنماییان دەکات‌و وردیان بەرزدەکاتەوەو لە پاشانیشدا لەمەیدانی شەڕدا هێزی خۆی دەخاتە کارەوە بۆیان‌و بەدەستی باوەڕداران تۆڵە لە دوژمنان وەردەگرێت‌و سەرئەنجامی هەموو جەنگەکان بەقازانجی باوەڕداران دەبێ ، بەمەش دوژمنانی ئایین دەترسێنێ‌و دەفەرموێ: خۆتان ئامادە بکەن بۆیان بەوەی کەلە تواناتاندا هەیە لە هێزو لە ئامادەکردن‌و بەستنەوەی ئەسپەکان . لەوسەردەمەدا ئەسپ وەکو دەبابەی ئەمرۆوابوە . تا دوژمنانیﷲ و خۆتانی پێ بترسێنن ، مەبەست لە هێز لەم ئایەتەدا فێربوونی تیرئەندازی‌و شارەزابوونە لە چەك‌و چۆڵەی سەردەم بەگوێرەی توانا هەروەك ئیمامی ئەحمەدو ئیمامی موسلیم لە پێغەمبەرەوەﷺ بۆمان دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: {أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ/ ئاگاداربن قوەت تیرەندازییە ، ئاگاداربن قوەت تیرەندازییە ، ئاگاداربن قوەت تیرەندازییە}

تا بترسێنن دوژمنە دیارییە کانتان ، وەتا بترسن بەوهێزەی ئێوە بێجگە لەوانەی کەخۆتان دەیانناسن کەسانێکی تر کەئێوە پێیان نازانن‌و لە دڵدا رق‌و قینیان لێتانە بەڵام دەریان نەخستوەو بۆ فرسەت دەگەڕێن جا بەو هێزەی ئێوە ئەوانیش دەترسن‌و ئەو نیەتە پیسەی خۆیان دەرناخەن‌و جورئەتی جموجوڵ ناکەن ، لەراستی دا مەبەستی ئایین نەهێشتنی ترس‌و شەڕو شۆڕە جا بەم خۆئامادە کردنەی باوەڕداران دوژمنی دیاری‌و دوژمنی نادیاری کە تەنها ﷲ بەوان دەزانێت ، هەرەکۆیان لێ دەکەوێت‌و ناتوانن دەست درێژی بکەنە سەر موسڵمانان‌و وڵاتی ئیسلامی‌و هەردوولا بە ئەمن‌و ئاسایش دەژین ، لەراستیدا نەمانی ئەوقوەت وهێزەیە بۆیە دەبینین دوژمنان ئەمرۆگەلەکۆمەیان لێ کردوین‌و لەهەمو لایەکەوە هێرشیان کردوەتەسەرمان‌و دەمیان ناوەتە ناو خوێن‌و سەروەت‌و سامانمان‌و نابێ قسەیش بکەین؟! ئینجا چونکە خۆ ئامادەکردن‌و پەیدا کردنی هێزو دەسەڵات نیازی بەسەروەت‌و سامان هەیە دوابەدوای داواکردنی خۆئامادەکردن بەخاوەن باوەڕان دەفەرموێ: ئەوسا ئەوەی کە ئێوە دەیبەخشن لەرێگای ﷲ دا بۆ بەهێزکردنی ئایین‌و سەقامگیرکردنی‌و هیچ

وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ ٱللَّهُۚ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَيَّدَكَ
بِنَصْرِهِۦ وَبِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْۚ لَوْ أَنفَقْتَ
مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَٰكِنَّ
ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْۚ إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ حَسْبُكَ
ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ حَرِّضِ
ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَى ٱلْقِتَالِۚ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَٰبِرُونَ
يَغْلِبُواْ مِاْئَتَيْنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٌ يَغْلِبُوٓاْ أَلْفًا مِّنَ
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿٦٥﴾ ٱلْـَٰٔنَ خَفَّفَ
ٱللَّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًاۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٌ
صَابِرَةٌ يَغْلِبُواْ مِاْئَتَيْنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوٓاْ أَلْفَيْنِ
بِإِذْنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٦٦﴾ مَا كَانَ لِنَبِىٍّ أَن يَكُونَ
لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِى ٱلْأَرْضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْيَا
وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلْـَٔاخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٧﴾ لَّوْلَا كِتَٰبٌ مِّنَ
ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَآ أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٦٨﴾ فَكُلُواْ مِمَّا
غَنِمْتُمْ حَلَٰلًا طَيِّبًاۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٦٩﴾

مەبەستێکی تری تێکەڵاو نییە دڵنیابن کەپاداشتتان پێ دەدرێتەوەو ئێوە ستەمتان لێ ناکرێت بەڵکو پاداشتان بەزیادەیەکی لە سنوربەدەر پێ دەدرێتەوە وەك لە سورەتی (بەقەرە) دا باسمان کرد . جا هەروەك وتمان جەنگ بۆ نەهێشتنی ئاشوب‌و ترس‌و جەنگە ئەوەتە هەرکاتێ دوژمنانی ئایین ئامادەی ئاشتەوایی ببن ، داوا لە باوەڕداران دەکات کە ئێوەش باڵی بەزەیی‌و ئاشتی‌و دڵسۆزی راکێشن ، وەك دەفەرموێ:

(٦١) خۆ ئەگەر لەکاتی شەڕدا ئەوان تەسلیم بوون‌و ملیان دا بە ئاشتی ، تۆش ئەی پێغەمبەرﷺ ئەو ئاشتیە وەرگرەو جەنگ مەکەو مەترسە لە فڕو فێڵی بێ باوەڕان بەڵکو ئاشتەوایی بکەو پشت ببەستە بە ﷲ ، ﷲ خۆی بەسە کە چاو دێرو نیگابان‌و یارمەتی دەرت بێ‌و بێگومان ئەوخۆی بیسەرە بۆ هەر بڕیارێکی ئەوان‌و زانەرە بۆ هەرکردارێکیان کەواتە ئێوە خەم مەخۆن ﷲ وەعدەی داوە کە یارمەتی دەری موسڵمانان بێ. وشەی(جَنَح)واتە مەیل کردن،

(٦٢) ئەوسا ئەگەر ئەوان ویستیان بەو شەڕ وەستانە خیانەتت لەگەڵدا بکەن ، تۆ پشتت ببەستە بە ﷲ و مەترسە ، ئەوسا بەبێشك ﷲ بەسە بۆتۆ هەر ئەو تۆ بەهێز دەکات بەیارمەتی

خۆی‌و بەباوەڕداران‌و هەر ئەو لە توانایدایە کە هەرچی ئارەزۆبکات بیکات‌و کەس ناتوانێ ڕێگا لەکاروباری بگرێت،

(٦٣) خوا پەیوەندی‌و ئولفەتی دروست کردوە لە نێوان دڵی موسڵمانان داو بەراستی ئەگەر ئەوەی کەلە سەر زەویدا هەیە هەمووی پارەوسامانی تۆ بوایە ئەی محمدﷺ و هەمووت خەرج بکردایە بۆئەوەی کە دڵەکانیان بکەیت بەیەك نەت دەتوانی بەلام ﷲ دڵە کانی لکاندن بەیەکەوەو برایەتی‌و دۆستایەتی‌و خۆشەویستی خستەناویانەوە بەبێگومان کە ئەوزاتە بەهێزو دەسەلات دارو کاربە جێیەو لە جێگای خۆیدا ئیشی خۆی دەکات . بەڵێ ئابەو شێوەیە الله ئەو نیعمەتە زۆرو فرەوانەی خۆی بۆ پێغەمبەرمانﷺ باس دەکات‌و دەیخاتەوە بیری تا باشتر سوپاسی ﷲ بکەن‌و چاکتر فرمانەکانی جێ بەجێ بکەن‌و دڵنیا ترین لەسەر ئەوەی کەﷲ یان لەگەڵدایەو هەرخۆیەتی کە ئەو دلانەی کە زیاتر لە سەد ساڵ ناکۆکی نێوانیان وای لکاندن بەیەکەوە کەگیانی خۆیان لەسەر یەکتر فیدا بکەن؟! ئینجا ﷲ ی بالادەست‌و میهرەبان رودەکاتە پێغەمبەرمانﷺ و دەفەرموێ:

(٦٤) ئەی پێغەمبەرﷺ ﷲ بەسە بۆتۆو بۆ ئەو کەسەی کە پەیڕەوی تۆیە لە باوەڕداران‌و پێویستیتان بەکەسی ترنیەو ترستان نەبێ لە زۆری چەك‌و چۆڵەی دوژمن . جارێکی تر ﷲ بەوەسفی پێغەمبەرایەتی بانگی پێغەمبەرمانﷺ دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(٦٥) ئەی پێغەمبەرﷺ باوەڕداران هەڵنێ لەسەر جەنگ‌و ترسیان بشکێنە چونکە ئەگەر لەناو ئێوەدا بیست کەسی خۆگر ببن با دڵنیابن کە سەردەکەون بەسەر دووسەد کەسی دوژمندا واتە یەك بەدەیە، وەئەگەر لەناو ئێوەدا سەد کەسی وابن سەردەکەون بەسەر هەزارکەس لەوانەی کە بێ باوەڕن چونکە ئەوانە گەلێکن دەرکی راستی‌وحەقیقەت ناکەن ، بەڵێ پێویستە خاوەن باوەڕان بزانن کە سەرکەوتن هەمیشە بۆ باوەڕدارانی راستەقینەیەو بێ باوەڕان شکان‌و لەناو چوون بەشیانە هەرچەندە بەهێزو پڕچەك وچۆڵە بن چونکە باوەڕداران دەزانن بۆچی جەنگ دەکەن‌و رێبازو ئامانجی خۆیان لەلا رۆشنەو دەزانن کە ئەوانن ﷲ بەڵێنێ جێ نشینی پێداون بەلام بێ باوەڕان هەرچەندە زۆرو پڕچەك‌و چۆڵش بن بەلام نازانن بۆچی جەنگ دەکەن‌و ئامانجیان چیە جا تا باوەڕداران ئەو دەرکە باشەیان هەبێ هەریەکەی توانایی دەکەسی بێ باوەڕی هەیە، بەلام وەختێ لەو دەرکە هاتنە خوارەوە لاواز دەبن‌و ئینجا یەك بەدوویە وەك دەفەرموێ:

(٦٦) ئیستا ﷲ ئەوبڕیارەی لەسەرسوك کردن‌و داواتان لێ ناکات کەلە بەرانبەری دەکەسەوە یەك کەستان بۆەستێت، چونکە ﷲ دەزانێت لەناو ئێوەدا سستی‌و لاوازیەك پەیدا بووە جا ئیتر لەم کاتەدا ئەگەر لەناو ئێوەدا سەد نەفەری خۆگر هەبێ ئەوە سەردەکەون بەسەر دووسەد داو ئەگەر لەناو ئێوەدا هەزارکەسی وا هەبن سەر دەکەون بەسەر دوو هەزاردا بەیارمەتی ﷲ ی بالادەست، بەلام پاش باوەڕبوونی راست ، خۆگری گەورەترین مەرجی ئەو سەرکەوتنەیە چونکە بێگومانﷲ لەگەل خۆگراندایەو بەو خۆگرتنە ئەو پیرۆزی‌و سەرکەوتنانەیان پێ دەدات ، بەڵێ پێغەمبەری ئازیزمانﷺ کاتێ کە سوپای ئیسلام کە سێ سەدو چەن کەسێك بوون‌و روبەڕوبونەوە لەگەڵ سوپای کوفردا کە زیاتر لە نۆسەد کەس دەبوون، هەستاو ورەی موسڵمانانی بەرزکردەوەو فەرموی: {قُومُوا إِلَى جَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالْأَرْضُ/ هەستن بۆ بەهەشتێك کە پاناییەکەی بەئەندازەی پانایی ئاسمانان‌و زەوییە} لەو کاتەدا یەکێك لەیارەکانی کە ناوی عومەیری کوڕی حەمام بوو وتی:پانای ئاسمانان‌و زەوی؟! پێغەمبەری ﷺ فەرموی:{ نَعَمْ/ بەڵێ، وتی بەخ بەخ، پێغەمبەرﷺ فەرموی:{ مَا يَحْمِلُكَ عَلَى قَوْلِكَ بَخٍ بَخٍ/ چی وای لێ کردیت کەئەوبەخ بەخە بکەیت؟ وتی هیوادارم من پیاوی ئەو جێگابم، پێغەمبەرﷺ فەرموی: {فَإِنَّكَ مِنْ أَهْلِهَا/ سا بێگومان تۆ پیاوی ئەو جێگایتە، جا ئەو ئیتر پێشکەوتو کێلانی شمشێرەکەی شکاند تاجارێکی تر بەتەمای هەلگرتنی نەبێ‌وچەند خورمایەکی لەتێشودانەکەی دەرهێناو دەیخواردو ئەوەی کە لە مشتیابوون فڕەی داو وتی: بەراستی ئەگەرمن ئەوەندە بمێنم تا ئەم خورمانە دەخۆم ئەوە ژیانێکی درێژە ، جا چوە پێشەوەو شەڕیکرد تا شەهیدکرا/مسلم}. بەڵێ ئەوان خاوەنی ئەو باوەڕە بەهێزەبوون بۆیە لەهیچ کۆسپێك سڵیان نەکردو مردنیان لە رێگای ﷲ دا لە لا لەهەموشت بەسودترو چاکتربوو بۆیە هەموو ملهوڕان‌و ستەمکاران‌و تاوانبارانیان تارو مارکردو ئەو کۆمەڵە بچوك‌و لاوازە بەماوەیەکی زۆرکەم بوون بەگەورەترین هێزی ناوچەو بوون بەجێگای هیواو ئومێدی چەوساوانی دەوروبەرو خەڵکیان لەبەندەپەرستی‌و داروبەرد پەرستی هێنا بۆ ﷲ پەرستی‌و بەندایەتێەکی پاك‌و خاوێن ، بەڵێ ئەم روداوانەی باسکران روداوی جەنگی بەردر بوون‌و بەرنامەی هەمیشەی

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّمَن فِيٓ أَيۡدِيكُم مِّنَ ٱلۡأَسۡرَىٰٓ إِن يَعۡلَمِ ٱللَّهُ
فِي قُلُوبِكُمۡ خَيۡرٗا يُؤۡتِكُمۡ خَيۡرٗا مِّمَّآ أُخِذَ مِنكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ
وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٧٠ وَإِن يُرِيدُواْ خِيَانَتَكَ فَقَدۡ خَانُواْ
ٱللَّهَ مِن قَبۡلُ فَأَمۡكَنَ مِنۡهُمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ٧١ إِنَّ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ
ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَلَمۡ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَيۡءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْۚ
وَإِنِ ٱسۡتَنصَرُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيۡكُمُ ٱلنَّصۡرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوۡمِۭ
بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٧٢ وَٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٍۚ إِلَّا تَفۡعَلُوهُ تَكُن فِتۡنَةٞ فِي
ٱلۡأَرۡضِ وَفَسَادٞ كَبِيرٞ ٧٣ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ
وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ لَّهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ٧٤ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۢ
بَعۡدُ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ مَعَكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ مِنكُمۡۚ وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ
بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ٧٥

موسڵمانانە تاقیامەتو پێویستە پەیڕەوی لێ بکەنو خاڵەکانی یەك بەیەك جێ بەجێ بکەنو خۆیان ئامادەبکەن بۆهەمو تەنگو چەڵەمەیەك لەسەر ئەو ئایینەو باکیان لەپڕو پاگەندەی دوژمن نەبێ ، چونکە دوژمن ، دوژمنەو هەرگیز تاریفی موسڵمان ناکات ، ئینجاﷲ سەبارەت بەگیراوەکانی بەدرو ئازادکردنیان بەفیدیە نارەزایی خۆی پیشان دەداتو دەفەرموێ:

٦٧ هیچ پێغەمبەرێك مافی ئەوەی نەبوە کە هەوڵدات دوژمنان بگرێت بەدیلو پاشان بەفیدیە ئازادیان بکات ، بەڵکو پێویستە جەنگ بکات تا بەتەواوی ئایین سەقامگیروبەهێز دەبێت لەناو زەویداوخوانەناسان بەچاکی تەمبیەبکات بۆئەوەی بێ باوەڕان چاوترسێن ببنو نەکەونە بیری فڕوفێڵو جەنگ کردن لەگەڵ موسڵماناندا، "جەنگ لەئیسلامدا بۆنەمانی جەنگە" ئینجا روی فەرمودەکەی خۆی دەکاتە هەموو موسڵمانانو دەفەرموێ: ئێوە کەڵو پەلی دنیاتان دەوێ؟! بەڵامﷲ دوا رۆژی بۆ ئێوە دەوێت ، وە ﷲ زۆر بەهێزەو ئیشەکانی بە حیکمەتە. جا دەفەرموێ:

٦٨ ئەگەر لە پێشەوە بڕیاری ﷲ پێش نەکەوتایە کە لێتان خۆش دەبێو دەست گیریو بەندکردنی بێ باوەڕانتان بۆحەلاڵ دەکات دڵنیابن لەسەر ئەو فیدیە وەرگرتنە سزایەکی زۆر گەورەتان پێ دەگەیشت ، ئیمام ئەحمەدو ئیمامی موسلیم بێجگە لەوانیش بۆمان دەگێڕنەوە کە پێغەمبەرﷺ پرسیاری لە یارەکانی کرد لە"بەدر"دا سەبارەت بەوحەفتا کافرانەی کە گیرابوون ، ئەبوبکرخوالێی خۆشبێت وتی:عەفویان بکەو فیدیەیان لێ وەرگرە بەڵکو ئەمانە پەشیمان ببنەوەو باوەڕ بهێنن ، عومەر خوالێی خۆشبێت وتی: بیانکوژە ، عەبدوڵای کوڕی رەواحە وتی: ئەم شیوە داری زۆرەو ئاگرێك بکەرەوەو بیان سوتێنە پێغەمبەرﷺ رەئیەکەی ئەبوبکری پەسەند کردو بەفیدیە ئازادی کردن ، رۆژی پاش عومەر چوەلای پێغەمبەرﷺ دی لەگەڵ ئەبوبکرا دانیشتونو دەگرین ، عومەر وتی: ئەی پێغەمبەرﷺ خۆتو رەفیقەت بۆچی دەگرین ، ئەگەر گریانم هات منیش دەگریم وەئەگەر گریانم نەهات خۆم دەگریێنم بۆ گریانەکەی ئێوە فەرموی: بۆ ئەو بۆچونە دەگریم کە رەفیقەکانت بەمنیان وتو فیدیەم لەبت پەرستان وەرگرت ، بەراستی پیشانم درا سزایەك کە نزیك تربوو لەو درەختە کە پەنجەی بۆدرختێکی نزیکیان راکێشا . ئینجا ﷲ (مَا كَانَ لِنَبِيٍّ _تا _حَلَٰلٗا طَيِّبٗا)ی بۆ رەوانەکردن، واتە بۆ پێغەمبەرﷺ نیە هەوڵی گرتنی بێ باوەڕان بداتو نەیەوێ بیانکوژێت ئێوە مەبەستتان دنیایەو ﷲ یش مەبەستی دوارۆژەو ﷲ بەهێزو دانایە. ئینجا دەفەرموێ:

٦٩ دەی بخۆن ئەوەی کەوا دەستان کەوتوە لەماڵی کافران حەڵاڵەو پاکە بۆتانو لە ﷲ بترسن چونکە بەبێگومان ﷲ لێ خۆشبوەو بەسۆزە بەرامبەر بەموسڵمانان. بەم شێوەیە ﷲ دڵی باوەڕدارانی دایەوەو تێی گەیاندن ئەگەر چی ئیشەکەیان لە جێگای خۆیدا نەبووە بەڵام ﷲ چاوپۆشی لێ کردنو بۆ هەمیشەیش دەسکەوتەکانی جەنگی ئیسلامی حەلاڵ کرا بۆ پێغەمبەروﷺ ئەم گەلە وەك پێغەمبەرمانﷺ لە فەرمودەیەکدا کە بوخاریو موسلیم بۆمان دەگێڕنەوە ئەو یاسایە رۆشن دەکاتەوەو دەفەرموێ:{ أُعْطِيتُ خَمْسًا لَمْ يُعْطَهُنَّ أَحَدٌ قَبْلِي نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ وَجُعِلَتْ لِي الْأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا فَأَيُّمَا رَجُلٍ مِنْ أُمَّتِي أَدْرَكَتْهُ الصَّلَاةُ فَلْيُصَلِّ وَأُحِلَّتْ لِي الْمَغَانِمُ وَلَمْ تَحِلَّ لِأَحَدٍ قَبْلِي وَأُعْطِيتُ الشَّفَاعَةَ وَكَانَ النَّبِيُّ يُبْعَثُ إِلَى قَوْمِهِ خَاصَّةً وَبُعِثْتُ إِلَى النَّاسِ عَامَّةً / پێنج شتم پێ دراوە

بەهیچ پێغەمبەرێکی پێش من نەدراوە یەکەم: یارمەتی دراوم بەترس بەدووری یەك مانگ رێگا. دووهەم:زەوی کراوە بەجێگای نوێژو پاك کەرەوە ، جا هەر کەسێك لەم گەلەم لەهەرجێگایەکدا کاتی نوێژی هات با لەو جێگادا نوێژ بکات. سێهەم: دەسکەوتەکانم بۆ حەڵاڵ کراوە کە بۆ هیچ کەسێکی تری پێش من حەڵاڵ نەکراوە. چوارەم:شەفاعەتم پێ بەخشراوە شەفاعەتی گەورە. پێنجەم:پێغەمبەر رەوانە دەکرا تەنها بۆتیرەو هۆزی خۆی بەڵام من رەوانە کراوم بۆلای هەمو خەڵك بەگشتی} ئینجاالله دڵنەوایی گیراوەکانیش دەکات کە ئەگەر بێتولەکافری پەشیمان ببنەوە ئایندەیان زۆر چاکتر دەبێ لەوەی کە تا ئێستا تێیدا بوونو الله لە تاوانیان خۆش دەبێو زیاتر لەوەش کە لێیان وەرگیراوە پیان دەداتەوەو دەفەرموێ:

(٧٠) ئەی پێغەمبەرﷺ بەو کەسەی کە لەدەست ئێوەدانو گیراوون بڵێ: ئەگەر بەراستی لە دڵیان دا راست بن لەگەڵ الله دا سامانی چاکتر لەوسامانەی کە لێیان وەرگیراوە پێیان دەدات، سەرەڕای ئەوەش چاو پۆشی دەکات لە تاوانەکانیان چونکە بەراستی الله زۆر لێ خۆشبوو میهرەبانە سەبارەت بەبەندەگانیو ئەوەتە ئەوانەی کە دوژمنایەتی الله و پێغەمبەرو موسڵمانایان کردوەو هاتوون بۆ شەڕو پاشان بەدیل گیراوون دەفەرموێ: مادەم بەدڵ پەشیمان ببنەوە ئەو مژدە خۆشەیان پێ بدە هەم لە دنیادا بۆیان قەرەبوو دەکاتەوەو هەم لە تاوانەکانیشیان خۆش دەبێ ئاشکرایشە مادەم لە تاوانیان خۆش ببێ دەیانخاتە بەهەشتەوە کەواتە هەم لە دنیادا پاداشت دەدرێنەوە هەم لە دوا رۆژیشدا ، دەگێڕنەوە کە عەباسی مامی پێغەمبەرﷺ کەیەکێك بو لە گیراوەکان پاش ئەوەی کەمایەوەو موسڵمان بوو جارێکیانماڵێکی زۆر لە بەحرەینەوە هات بۆ پێغەمبەرﷺ و گەیەشتە مزگەوتو بانگدرا پێغەمبەرمانﷺ ئاوڕی لە ماڵەکە نەدایەوە هەتا لە نوێژەکە بوویەوە ئینجا چویە سەر ماڵەکەو چاوی بەهەرکەس کەوت بەشی دا عەباس هات وتی: بەشم بدە من کاتی خۆی فیدیەی خۆمو عەقیلیشم داوە ، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ببە ، جا ئەویش توشەبەرەیەکی چوارگۆشەی پێ بوو پڕی کرد ، جاوەختێ ویستی هەڵیگرێت نەیتوانیو وتی: ئەی پێغەمبەرﷺ بڵێ: بابیدەنە کۆڵم، فەرموی: نابێ، وتی: خۆت بیدە کۆڵم. فەرموی: نابێ ، ئینجا هەندێکی لێ داگردەوەو باقیەکەی دابەشانیاو رۆی، پێغەمبەرﷺ چاوی تێ بڕی بوو سەری سوڕما لەو تەماع بازیەی ، جا دەڵێن: عەباس دەیووت ئەوە مژدەی یەکەممان دەست کەوت ، نازانین مژدەی دووهەممان چۆن دەبێ ، هیوادارم الله لێمان خۆش ببێت ، ئینجا الله پێغەمبەرمانﷺ دڵنیا دەکاتەوە کە خیانەتکاران بەسزای خیانەتی خۆیان دەگەنو دەفەرموێ:

(٧١) جا ئەم جەماعەتە گیراوەو باقی بێ باوەڕانی تر ئەگەر بیانەوێ خیانەتت پێ بکەن تۆ مەترسە لێیان چونکە ئەوان لە پێشدا خیانەتیان کرد لەگەڵ اللهداو هەرچی هێزو توانایان بوو دژی ئایینو تۆ ئەنجامیان دا ، بەڵام ئەوەبو الله تۆڵەی لێ کردنەوەو بەئاسانی ئەوانی خستە بەردەستتانو بەدەستی ئێوە سەرشۆڕو داماوی کردن، چونکە ئەوان خیانەتکارو نیەت پیس بوون ، وەبەبێگومان کە الله زانایەو ئیشەکانی زۆر بەحیکمەتە جا ئەوەی نیەتی باشی هەبێ الله پێی دەزانێو پاداشتی باشی پێ دەدرێت وەئەوەش کە نیەتی خراپی هەبێ بەونیەتەی خۆی رەفتاری لەگەڵدا دەکرێتو الله هیچی لێ پەنا نادرێتو هیچی لە بیرناچێتەوەو هەموو جموجوڵێك بەگوێرەی زانیاری ئەودەبێ ، هەر ئیشێکیش دەکات هەموی چاکەو جێگای خۆیەتی چونکە (علیم حکیم، زۆرزانایەو زۆردانا) . ئینجا الله خاوەن باوەڕان دەکات بەسێ بەشەوەو دەفەرموێ:

(٧٢) بێگومان ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کۆچیان کردوەو بەماڵو بەگیانیان لە رێگای الله دا جیهادیان کردوە کە کۆچەرییەکانی مەکە بۆ مەدینە سەرقافڵەی هەموو کۆچکەرانن ، وە ئەوانەی کە جێگایان بەوان داوەو یارمەتیان داوون ، کە موسڵمانانی مەدینە زەق ترین مانای ئەم ئایەتەیە ئائەوانە هەندێکیان سەرپەرشتو دۆستو یارمەتی دەری هەندێکیانن‌و جیانین لەیەك ، وەئەوکەسانەی کە باوەڕیان هێناوە بەڵام کۆچیان نەکردوەو لە مەکەدا ماونەتەوە ئەوانە ماڤ خۆیانیان سوتاندوەو پەیوەندی خۆیانیان بچڕاندوە ، هیچ دۆستایەتیو یارمەتی دانێك لە نێوان ئێوەو ئەواندا نەماوە تا ئەوانیش کۆچ نەکەن ، وەئەگەر داوای یارمەتیان لێ کردن بۆ مەبەستێکی ئایینی ئەوە پێویستە لە سەرتان کە یارمەتیان بدەنو بەهانایانەوە بڕۆنو نابێ کۆچ نەکردنی ئەوان لەم بارەوە تەگەرە بۆ ئێوە دروست بکات مەگەر بۆ دژایەتی گەلێك

بێ کە ئەو گەلە لە نێوان ئێوەو ئەواندا پەیمانی ئاشتی هەبێت لەم شێوەدا باداوای یارمەتیش لە موسڵمانانی کۆچەری‌و یارمەتیدەر بکەن نابێ وەڵامیان بدەنەوە چونکە خیانەت‌و پەیمان شکاندنەو لە پێشەوە فەرموی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْخَآئِنِينَ ﴿٥٨﴾﴾ بێگومان کە ﷲخیانەتکارانی حۆشناوێت) کۆمەڵی دانیشتو ماڵ رەخنەگرتنیان نیە لەو موسڵمانە کۆچەری‌و یارمەتی دەرانە چونکە ئەمانە بەهۆی سستی‌و کەم تەرخەمی‌و پشتگوێ خستنی کۆچ‌و جیهادو یارمەتی نەدانی موجاهیدانەوە ماڵ خۆیان سوتاندووەو پەیوەندی نێوانی خۆیان‌و باقی موسڵمانانیان بچڕاندووەو پێویستە لۆمەی خۆیان بکەن‌و جارێکی تر هەڵوێستی ئاوا بێ کەڵك‌و بێ نرخ نەگرن ، شێرەپیاوانی مەیدانیش نابێ نەفس‌و شەیتان زاڵ بێ بەسەریانداو گوێ بەپەیمان نەدەن ئەوەتە ﷲ لە کۆتای ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: وە ﷲ بەوەی کە ئێوە دەیکەن بینەرە واتە چاوی لەهەموو هەڵس‌و کەوتێکتانەو دەبێ ئاگاتان لە خۆتان بێ بەشێوەیەك رەفتارنەکەن کە پێچەوانەی فرمانی ئەوبێت جا بۆ ئەوەی زیاتر موسڵمانان هەڵبێ لەسەر یەك بوون‌و یەك دەستی، دەفەرموێ:

﴿٧٣﴾ خۆ ئەوکەسانەی کە کافرن هەندێکیان یارمەتی دەرو دۆستی هەندێکیانن ئەگەر ئێوەش ئاوانەکەن‌و پشتگیری یەکتر نەکەن‌و دۆست‌و یارمەتی دەری یەکتر نەبن‌و هەندێکتان سەرپەرشتی هەندێکتان نەکەن ئیتر ئێش‌و ئازاری خاوەن باوەڕان‌و شیرك و بت پەرستی رەنگاو رەنگ سەرزەوی داگیردەکات‌و خراپەکاری‌و تاوانی گەورە دەکرێت‌و لەباتی حاکمیەتی ﷲ دا حاکمیەتی ملهوڕو تاغوتان دەبێت‌وفەسادو خراپە وەك ئەمڕۆ هەموو کون‌و قوژبنێك دەگرێتەوە ، دووبارە دەگەڕێتەوە سەر باوەڕداران‌و دەفەرموێ:

﴿٧٤﴾ جا ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوەو لەرێگای ﷲ دا کۆچ‌و جیهادیان کردوە ، وەئەوانەی کە جێگایان کردونەتەوەو یارمەتیان داون بەراستی ئا ئەوانە باوەڕداری راستەقینەن‌و بۆئەوان هەیە لێ خۆشبوون‌و رۆزییەکی بەرێزو بە بەرەکەت وەهەمیشەیی‌و دوانەهاتو. ئینجاﷲ باوەڕدارانی پەیڕەوی ئەوان باس دەکات‌و دەفەرموێ:

﴿٧٥﴾ خۆ ئەوانەش کە باوەڕیان هێنا لەپاش ئەوان‌و کۆچیان کردو لەگەڵ ئێوەدا جیهادیان کرد لە رێگای ﷲ دا ئەوە ئەوانیش لە ئێوەن‌و پاداشتی وەکو ئێوەیان هەیە لەسەر ئەو کۆچ‌و جیهادە ، ئەم کۆچ کردنە تا فەتحی مەکە بوە پاش فەتحی مەکە نەماوە تا ئەو کاتەی کە حاکمیەتیﷲ هەبووە واتە تا چەرخی سیانزەی کۆچی بەڵام پاش نەمانی حکومەتی ﷲ و زاڵ بوونی کوفر بەسەر وڵاتی ئیسلامیداو بەندایەتی تاغوت هاتەوە مەیدان کاری ئیسلامی وەکو سەردەمی کۆنی لێ هات‌و کۆچکردن بۆ پاراستنی عەقیدەو بیرو باوەڕ پێویستە(اَلْهِجرَةُ مَاضٍ اِلَى يَومِ القِيَامَةِ/ کۆچکردن بەردەوامە هەتا رۆژی قیامەت) وەفەمودەی پێغەمبەرمان هاتەدی: { بَدَأَ الْإِسْلَامُ غَرِيبًا وَسَيَعُودُ كَمَا بَدَأَ غَرِيبًا فَطُوبَى لِلْغُرَبَاءِ/مسلم والترمذی/ ئیسلام لەسەرەتاوە بەغەریبی دەستی پێ کردووەو بەمزوانەش دەست پێدەکاتەوە بە غەریبی جاخۆشبەختی بۆ ئەوغەریبانە}ئینجا قورئان پاش پەیوەندی بیرو باوەڕو عەقیدە باسی پەیوەندی خزمایەتی دەکات‌و دەفەرموێ: خزمەکان هەندێکیان لە پێشترن لە هەندێکی تریان لە بڕیارو فەرمانی ﷲ دا ، بەم شێوەیە کەلە پوربردن بە هاوسوێن خواری وبرایەتی هەڵوەشایەوە ، وە بێگومان ﷲزانایی هەیە بەسەر هەموو شتێکدا. وەئەم بڕیارەی وەڵام دەرەوەی هەستی ناودەرونی مرۆڤە واتە وەڵام دانەوەی هەست‌و سۆزەکانی مرۆڤ شتێکی رەوایە بەو مەرجەی زیان بە عەقیدەو باوەڕ نەدات ، سەرەتا پەیمانیان دەبەست یان بڕیاریان دەدا کە برای یەکتربن ئیتر بەم شێوەیە کەلە پور یان لەیەکتر دەبرد بەڵام ئەم ئایەتە هات‌و ئەو حوکمەی هەڵوەشاندەوەو دەری خست کەئەوە بڕیارێکی کاتی بووەو ئێستا ئیتر کاتی بەسەر چووەوئیشی پێ ناکرێت‌و خزمایەتی نەسەبی پێش ئەو جۆرە پەیوەندیانە دەخرێت. پاش عەسری چوارشەمە رێکەوتی ٢١/محرم/١٤٢٢هاوینە هەواری سەلاحەدین.

٩ سُورَةُ التَّوبَةِ ١٢٩

بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١﴾
فَسِيحُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِى
ٱللَّهِ ۙ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُخْزِى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢﴾ وَأَذَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ
إِلَى ٱلنَّاسِ يَوْمَ ٱلْحَجِّ ٱلْأَكْبَرِ أَنَّ ٱللَّهَ بَرِىٓءٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۙ
وَرَسُولُهُۥ ۚ فَإِن تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟
أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِى ٱللَّهِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ
﴿٣﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ
شَيْـًٔا وَلَمْ يُظَٰهِرُوا۟ عَلَيْكُمْ أَحَدًا فَأَتِمُّوٓا۟ إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَىٰ
مُدَّتِهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٤﴾ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ
فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَٱحْصُرُوهُمْ
وَٱقْعُدُوا۟ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ۚ فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ
وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّوا۟ سَبِيلَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥﴾
وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ
كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُۥ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ ﴿٦﴾

٩ سورەتی تەوبە ١٢٩

سورەتی تەوبە کە سورەتی نۆیەمی قورئانە لە ساڵی نۆیەمی کۆچی دا لەمەدینەدا هاتوەتە خوارەوە و سەدوبیست‌ونۆ ئایەتەو هەندێك گوتوویانە کۆتا سورەتە کە دابەزیوە بەڵام هەندێکیش پێیان وایە ئەم سورەتە پێش سورەتی النصر دابەزیوەو سورەتی نەصر ئاخرین سورەتە، ئەم سورەتە تا کە سورەتێکی قورئانە کە بە ﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ دەست پێناکات چونکە ، ئەم سورەتە بێزاری خواو پێغەمبەرە ﷺ لە بت پەرستان‌و کافران‌و سەرجەم رسوا کردنی دووڕووەکانە، واتە - رق‌وقینی ﷻ یە لە تاوانباران‌و ﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ یش بەڵگەی سۆزو میهرەبانی ﷻ یە کەلێرەدا گونجاو نیە بۆیە نەوتراوە، هەر خوایش زانایە. ئەم سورەتە(براءة، بحوث)یش پێ وتراوە چونکە لە کۆتایی سورەتەکەوە خوا تەوبەی لە تەواوی موسڵمانان بەکۆچەری‌و یارمەتی دەرەوە لە گەڵ پێغەمبەرماندا ﷺ وەرگرت بەتایبەتی تەوبەی ئەو سێ کەسەی کە راستیان وت‌و پێغەمبەرمان ﷺ دوای خستن تا خوا فەرموی: تەوبەم لێ وەرگرتن. وە(برائەتی)پێ وتراوە، چونکە سەرەتای سورەتەکە بەبێزاری‌و بەری بوونی خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ لە موشریکان دەست پێ دەکات‌و چەندین ئایەتی هەر لەسەر ئەوان دەڕوات. وە(بحوث)ی پێ وتراوە چونکە باسی چۆنیەتی هەڵس‌و کەوتی دووڕوەکان دەکات‌و بەشێکی زۆری سورەتەکەی گرتوەتەوە.

سەرەتای ئەم سورەتە لەپاش گەڕانەوەی پێغەمبەرمان ﷺ لە جەنگی تەبووك هاتە خوارەوەو ویستی ئەو ساڵە حەج بکات بەڵام کاتێ وتیان بت پەرستان هەروەکو باوی خۆیان دێن بۆحەج و ئەوان بەڕوتی بەدەوری کەعبەدا ئەسوڕێنەوە پێغەمبەر ﷺ پێی ناخۆش بوو بچێت بەڵام لەجیاتی خۆی ئەبوبکری ئەمساڵە نارد کە ئەمیری حاجیەکان بێ تا جێگای عیبادەتەکان دیاری بکات بۆ خەڵك‌و بە موشریکانیش رابگەیەنێ کە نابێ پاش ئەم ساڵ بێن بۆ حەج‌و ئەم چەندئایەتەی(بەرائەت)کە هاتوەتە خوارەوە بۆیان بخوێنێتەوە، کاتێ هاتەوە مەدینە علی یشی نارد تا ئەو لەجیاتی پێغەمبەرﷺ ئەو شتانە رابگەیەنێ ، چونکە علی خزمی نزیکی پێغەمبەر ﷺ بو باوی ئەو سەردەمەیش وابو پەیمان هەڵوەشاندنەوە بەدەستی گەورەی سەردەم بوو جا ئەگەر خۆی نەبوبێ ئەبێ کەسێکی خزمی نزیکی ئەو هەڵوەشاندنەوەی رابگەیاندایە.

﴿١﴾ ئەمە بێزاری خواو پێغەمبەرەکەیەتی کە ئاشکرای دەکات بۆ ئەوانەی کە پەیمانیان داوە بە پێغەمبەر ﷺ لە بت پەرستان‌و پێیان رادەگەیەنێ کە

﴿٢﴾ بەئازادانە بەسەر زەویدا تا چوار مانگ بگەڕێن‌و پاش ئەوە ئیتر پەیمان نامێنێ بێجگە لەوانەی کە پەیمانی زیاتر لە چوار مانگیان هەیە ، دەبزانن بێگومان ئێوە ناتوانن خوا دەستە پاچە بکەن‌و رێگای ئەنجامدانی کارەکانی لێ بگرن مادام ئێوە سوربن لەسەر کوفرو خیانەت خوا تۆڵەتان لێ وەر ئەگرێت چونکە بێگومان ﷲ سەرشۆڕکەری کافران‌و بت پەرستان‌و خوانەناسانە هەرچەندە تواناو هێزو پشتیان هەبێ لەدەستی تۆڵەی خوا رزگار نابن ، ئەبوهورەیرە ئەڵێ من لەگەل "عەلی" دابووم ئەوکاتەی کە پێغەمبەرﷺ ناردی بۆ ئەوەی کەپەیامی پێغەمبەرﷺ بگەیەنێت بە حاجیان جا لەوێ چوار وشەی پێ راگەیاندن‌و ئەوەندەی دووبارە کردەوە تادەنگی نوسا کەبریتی بوون لە:{ أَلَا إِنَّهُ لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ إِلَّا نَفْسٌ مُؤْمِنَةٌ وَلَا يَحُجَّنَّ بَعْدَ الْعَامِ مُشْرِكٌ وَلَا يَطُوفُ بِالْبَيْتِ عُرْيَانٌ وَمَنْ كَانَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ رَسُولِ اللَّهِ صل اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَهْدٌ فَإِنَّ أَجَلَهُ إِلَى أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِذَا

مَضَتْ الْأَرْبَعَةُ فَإِنَّ اللَّهَ بَرِيءٌ مِنْ الْمُشْرِكِينَ وَرَسُولُهُ/ صححه الالباني/ ئاگادار بن بیجگە لەباوەڕدار هیچ کەسێکی تر ناچێتە بەهەشتەوەوپاش ئەمساڵ نابێت موشریك حەج بکاتو نابێ بەڕوتی بەدەوری بەیتدا بسوڕێتەوە ، وەهەرکەسێك کەلەنێوان ئەوو لەنێوان پێغەمبەری خوادا پەیمانێکی هەیە ماوەکەی تاچوارمانگە ئەوسا کە ئەوچوارمانگە چوو ئەوسا بێگومان کە الله وپێغەمبەرەکەی بێوەرین لەموشریکان} هەروەك دەفەرموێ:

(٣) ئەمە بانگەوازێکە لەلایەن خواو لەلایەن پێغەمبەرکەیەوە بۆ هەمو خەڵك لە ڕۆژی حەجی گەورەدا کە ڕۆژی چەژنی قوربانە کە ئەویش ئەمەیە: کەبەبێگومان ألله بێزارە لە بت پەرستان هەروەها پێغەمبەرکەیشی چونکە ئەوەندە خراپەکاریو دژایەتی ئایینو پەیمان شکاندنو نالەباریان کردووە خوا لەوەزیاتر ماوەیان پێ ناداتو بێزاری خۆیو پێغەمبەرەکەی لەوان ڕادەگەیەنێو لەهەمان کاتیشدا هەڵیان دەنێ بۆ تەوبەکردنو گەڕانەوەو دەفەرموێت: جا ئەگەر بگەڕێنەوەو واز لە بت پەرستی بهێنن ئەوسا هەرئەوە چاکە بۆتانو ئەکەونە سەرڕێگای خۆشبەختی هەردوو جیهان ، وەئەگەر پشت بکەنە ئایینو هەر بەو ڕەوشتە ناپەسەندەی خۆتان درێژەبدەن دەی با بزانن کەبەبێگومان ئێوە ناتوانن خوای گەورە دەستە پاچە بکەن هەرچی بکەنو هەرچۆن ببن بەڕاستی خوا تۆڵە تان لێ دەستێنێ جا بەشێوەی گاڵتە پێ کردنیان دەفەرموێت: وە مژدە بدە ئەی محمدﷺ بەوانەی کەکافرن بەسزایەکی دەردناك. لە ڕاستیدا موژدە بۆ خۆشیە نەك بۆ ناخۆشی جا ئەمە گاڵتە پێ کردنە بەوان ، چونکە ئەوان گاڵتە بە خواو ئایین وپێغەمبەرو پەیڕەوانی دەکەن بۆیە بە شێوەی کردارەکەی خۆیان سزا دەدرێنەوە.

بەڵێ پاش ئەم جاڕدانە بت پەرستان قەدەغەکران لە گەڕان بەدەوری کەعبەداو هەروا قەدەغە کرا بەڕوتی بەدەوری کەعبەدا بسوڕێنەوە ، جێگای باسە ئەوانەی کەئەمڕۆ ئافرەتیان ڕوتکردوەتەوەو داوای ڕوت بونەوەی زیاتریان بۆ دەکەن لاڤ پێش کەوتن لێ دەدەنو ئیسلامو پەیڕەوانی بە پاشکەوتوو ناوئەبەن لە حاڵێکدا کە ئەوانە دەیانەوێ دابو نەریتە کۆنەکان زیندو بکەنەوەو بەپێشکەوتنو شارستانیو زانیارییان دەرخواردی خەڵکی ساویلکەو نەزانی بدەن ، ئیسلام هات ڕوتی ئافرەتو شەرواڵ پیسیو ئارەق خواردنو قومارکردنی قەدەغەکرد واتە ئەوانە ڕەوشتی سەردەمی نەزانین بوون ، ئێستا ئەیانەوێ بەشتێکی تازەو نوێ بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن؟! ئایا کاتی ئەوە نیە ڕۆڵە تازە پێگەیشتوەکانی ئەم سەردەمە قوڵی مەردانە هەڵکەنو ئەو دابو نەریتە کۆنە بسڕنەوەو لە حەیوانیەو بگەڕێنەوە بۆ ئینسانی ، بەڕاستی بەخەوو خواردنو بەرەڵلاییی مرۆڤ پێش ناکەوێت ، چونکە حەیوانیش لەو بوارەدا دەستێکی باڵای هەیە مرۆڤ هەرچی بکات لەخواردنو خەوداهێشتا ناگاتە تۆزی قولی هەندێ لە حەیوانات ؟! جا بۆ ئەبێ خەڵکی ئابەوشێوەیە چەواشە بکرێت ؟! ئەی ژیریو زانایی لە کوێیە؟! جا پاش ئەوەی کە فەرموی خواو پێغەمبەرکەی بێزارە لە بت پەرستانو ماوەی چوار مانگ مۆڵەتی دان تا بۆ خۆیان بیر بکەنەوە جا ئەگەر تەوبەیان کرد خۆ چاکە ئەگینا لە سزای خوا ڕزگار نابن پاش ئەوە خاوەن پەیمانەکان ئەکات بەدوو بەشەوە بەشێکیان ئەوانەن کە پەیمانەکانیان نەپاراستوە ئەوە پاش ئەو چوار مانگە ماوەی پەیمانەکانیان نامێنێ. بەشەکەی تریان ئەوانەن کە پەیمانەکانیان پاراستوەو دژایەتی پێغەمبەرﷺ و باوەڕدارانیان نەکردوە ئەوە پەیمانەکانیان ئەمێنێتەوە وەك دەفەرموێ:

(٤) مەگەر ئەوانەی کە پەیمانیان پێداون لە بت پەرستانو لە پاشان لەو پەیمانە هیچ شتێکیان کەم نەکردوەتەوەو بەرێكو پێکی پەیمانی خۆیان پاراستوەو یارمەتی هیچ کەسێکیان نەداوە دژی ئێوە ئەی موسڵمانان دەی ئێوەش تەواو بکەن ماوەی پەیمانەکانیانو هیچی لێ کەم نەکەنەوە چونکە بەبێشك کە ألله پەرهێزکارانی خۆش دەوێت. ئینجا خوای گەورە دەفەرموێت:

(٥) جا هەرکاتێك ئەو چوار مانگە قەدەغەکراوەی کە بەموشریکان درا کۆتای پێ هاتولەبت پەرستی نەگەڕانەوە جا ئیتر ئەوان هیچ بەهانەیەکیان نامێنێ ئەوسا موشریکان لەهەرکوێدا دەستان کەوتن بیانکوژن و بیان گرنو گەمارۆیان بدەنو لە هەمو شوێنوڕێگاو بانێکدا کەمینیان بۆدابنێن و لێیان بدەن جا ئەگەر هاتو تەوبەیان کردو گەڕانەوەو نوێژیان کردو زەکاتیان دا ئەوسا ئەوکاتە وازیان لێ بهێنن واتە پەشیمان بونەوەی دەم بەڵگە نیە بەڵکو پێویستە ئەو دوو شتەیش کە نوێژو زەکاتە ئەنجامی بدەن ئینجا ئەبێ وازیان لێ بهێنرێ چونکە بەبێگومان کە ألله زۆر لێ خۆشبوو بەسۆزە سەبارەت بەبەندەکانی، ئەمە فرمانی خوایە سەبارەت بە موشریکانو بێ باوەڕانو هەتا ڕۆژی دوایی ئەمێنێتەوەو هەرگیز هەڵناوەشێتەوە نەبەدادگەری دادگەران نەبە ستەمی

كَيۡفَ يَكُونُ لِلۡمُشۡرِكِينَ عَهۡدٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ
رَسُولِهِۦٓ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّمۡ عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۖ فَمَا
ٱسۡتَقَٰمُواْ لَكُمۡ فَٱسۡتَقِيمُواْ لَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ
(٧) كَيۡفَ وَإِن يَظۡهَرُواْ عَلَيۡكُمۡ لَا يَرۡقُبُواْ فِيكُمۡ إِلࣰّا
وَلَا ذِمَّةࣰۚ يُرۡضُونَكُم بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَتَأۡبَىٰ قُلُوبُهُمۡ وَأَكۡثَرُهُمۡ
فَٰسِقُونَ (٨) ٱشۡتَرَوۡاْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ثَمَنࣰا قَلِيلࣰا فَصَدُّواْ
عَن سَبِيلِهِۦٓۚ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ (٩) لَا يَرۡقُبُونَ
فِي مُؤۡمِنٍ إِلࣰّا وَلَا ذِمَّةࣰۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُعۡتَدُونَ (١٠)
فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَإِخۡوَٰنُكُمۡ
فِي ٱلدِّينِۗ وَنُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمࣲ يَعۡلَمُونَ (١١) وَإِن نَّكَثُوٓاْ
أَيۡمَٰنَهُم مِّنۢ بَعۡدِ عَهۡدِهِمۡ وَطَعَنُواْ فِي دِينِكُمۡ فَقَٰتِلُوٓاْ
أَئِمَّةَ ٱلۡكُفۡرِ إِنَّهُمۡ لَآ أَيۡمَٰنَ لَهُمۡ لَعَلَّهُمۡ يَنتَهُونَ
(١٢) أَلَا تُقَٰتِلُونَ قَوۡمࣰا نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ وَهَمُّواْ
بِإِخۡرَاجِ ٱلرَّسُولِ وَهُم بَدَءُوكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٍۚ
أَتَخۡشَوۡنَهُمۡۚ فَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَوۡهُ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ (١٣)

ستەمكاران، ئینجا شێوەیەك لە شێوەكانی ڕاگەیاندنی ئایین باس دەكات بۆ خاوەن باوەڕان كەبەراستی ڕونترین بەڵگەی ئازادیو مرۆڤ دۆستیو دەستو دەم پاكی خاوەن باوەڕانی ئەم ئایینە بە نرخە ئەگەیەنێو دەفەرموێ:

(٦) جا ئەگەر یەكێك لە بت پەرستان داوایان لێ كردیت كە پەنایان بدەیتو ببنە هاوسێتو مەبەستی خراپەكاریو جاسوسیان نەبوو سا تۆش بەدەراوسێتی ئەورازی ببەو پەنای بدە بۆ ئەوەی كە فەرمودەكانی خوا ببیستێ بەڵكو باوەڕبهێنێو لەتاوانو بت پەرستی ڕزگاری ببێ ، دیارە ئەگەر باوەڕی هێناو موسڵمان بوو ئیتر جیاوازییەك لە نێوان ئەوو باقی موسڵمانانی تردا نامێنێو ئارەزۆی خۆیەتی لە هەرجێگایەكی وڵاتی ئیسلامیدا دانیشێوكاروباری ژیانی خۆی ببات بەڕێوە ، بەڵام ئەگەر باوەڕی نەهێنا نابێ لەو جێگایەدا دەست درێژی بكرێتە سەرو سزا بدرێت بەڵكو پێویستە ژیانوماڵی بپارێزرێت وەك دەفەرموێ: لەپاشان بیگەیەنە شوێنی هێوربونەوەی خۆی.

ئابەو شێوەیە ئیسلام مافی مرۆڤ ئەپارێزێو پەیمانی خۆی بۆ هیچ شتێك ناشكێنێ ئەگەر زۆر گرنگیش بێت وەك پێغەمبەرمانﷺ فەرمان دەداتو دەفەرموێ:{لاتَخُنْ مَنْ خَانَكَ/ أبوداودوغیره، صححه الالباني /خیانەت مەكە لەگەڵ ئەو كەسەی كەخیانەتت لەگەڵ دا دەكات} بۆ؟ چونكە ئەوانە گەلێكن كە نازانن‌و هەستی گرنگی ئەم ئایینە بەنرخە ناكەن‌و پێشەكیش بەشێوەی پەنا دان هاتوون نابێ خیانەتیان پێ بكرێت.

یەكەم: تا هەركەسێك كەبیەوێ لە ئایین تێ بگات بێ ترس بەپەیمان وەرگرتن لە موسڵمانان بێتەناو وڵاتی ئیسلامیەوەو دڵنیابێت كە گیان‌و ماڵی پارێزراوە هەتا خۆی خیانەت نەكات.

دوهەم: تا دەركەوێت ئایینی ئیسلام ئایینی تاكەكەس نیە باكابرایش باوەڕ نەهێنێو موسڵمانەكەش ڕقی بێ لێی نابێ دەست درێژی بكاتە سەری چونكە خوا ئاوا فرمانی پێ دەدات.

سێ هەم: بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە زۆر لەكەس ناكرێت بۆ باوەڕ هێنان بەمانای﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ (٢٥٦) ﴾ ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(٧) چۆن دەبێ هاوەڵ پەیدا كەران پەیمانیان هەبێ لەلای خواو پێغەمبەرەكەیﷺ؟ واتە شایستەی ئەوەنین ئەوان بەپەیمان دڵنیا بكرێن لەلایەن خوداو پێغەمبەرەكەیەوە ﷺ مەگەر ئەوانەی كەوەختی خۆی پەیمانتان پێ داون لەلای "بەیت" دا واتە ئەوانەی كەلە ئاشتی حودەیبیەدا پەیمانتان پێدان جا ئەوانە تا ڕاست ئەوەستن لەسەر پەیمانەكانیان‌و هەڵوێستی خۆیان ناگۆڕن ئێوەش لەسەر پەیمانی خۆتان بمێننەوەو نەیشكێنن‌و لە خوا بترسن چونكە بێگومان ﷻ پەرهیزكارانی خۆش دەوێت. ئینجا باسی دڵ پیسی بێ باوەڕو بت پەرستان سەبارەت بە موسڵمانان دەكاتو دەفەرموێ:

(٨) چۆن دەبێ بت پەرستان پەیمان‌و عەهدیان لەگەڵ خواو پێغەمبەردا بێ‌و بەئاسودەیی بژین لەگەڵ ئەوەدا كە ئەگەر ئەوان سەركەون بەسەر ئێوەدا بەزەییان بەئێوەدا نایەتەوەو هیچ سوێندو پەیمانێكیش كەلە نێوان ئەوان‌و ئێوەدا بێت لەبەرچاو ناگرن‌و بەهەمو شێوەیەك ئازارتان دەدەن، بەڵام لەكاتی بێ دەسەڵاتیدا خۆیان زۆر بەدۆستو دڵسۆز پیشان دەدەن‌و بەدەم ئێوە ڕازی دەكەن‌و قسەو ڕەفتاری وادەنوێنن كە گوایە ئەوان دۆستی باوەڕدارانن ، بەڵام ئەمە ڕواڵەت سازییەو ڕاست نیەو دڵ‌و دەمیان یەك نیە وەك ئەفەرموێ: وەدڵەكانیان بێزارە لەو قسەو ڕەفتارە بەڕواڵەت باشانەیان‌و زۆربەی ئەوانە فاسقن‌و لە سنوری ئایین‌و خواپەرستی دەرچوون‌و هەرگیز بە دۆستایەتی باوەڕداران ڕازی نین ئەمانە

(٩) بە ئایەتەكانی ﷻ بەهەرەیەكی كەمیان كڕیوە واتە لە باتی گوێڕایەڵی‌و ئەنجامدانی فرمانەكانی خودا دژایەتی

ئایەتەکان دەکەن بەوەشەوە ناوەستن بەڵکو ئەوان ڕێگای بڵاوبونەوەی ئایینی خودایان گرتوەو ماوە نادەن کە خەڵك وەری گرێت بەراستی ئەوانە خراپترین ئیشیان کردوەو.

ئەوان هەرگیز هیچ سوێندو عەهدو پەیمانێك ناپارێزن ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێ، چونکە زۆر ڕقیان لە باوەڕدارە.

هەرلەم نزیکەدا ئەوە دووجار هەمان مەبەست باسکرا تا خاوەن باوەڕان وریا بن‌و دڵنیا نەبن لە دوژمنانی خواو پێغەمبەرو ئایین ، چاکیش بزانن کە دوژمنان ئەگەر ئامادەی پەیمان‌و عەهد ببن ناچارن‌و هەرکە زانیان توانای دوژمنایەتیان هەیە یەك چاو تروکان دێرناکەن بۆیە قورئان پاش ئەو ڕون کردنەوەیە دەفەرموێ: چاك بزانن ئائەوانە خۆیان دەست درێژکەرن ، ئەمە وەسفێکی هەمیشەیی بێ باوەڕان‌و بت پەرستانە ، تا بێ باوەڕ بن ، نابێ باوەڕیان پێ بکرێت‌و دۆستایەتیان لەگەڵدا بکرێت بەڵام ئەگەر باوەڕیان هێنا ئەو وەسفەیان دەگۆڕێ وەك خوای گەورە دەفەرموێ:

(١١) ئەگەر ئەوان تەوبەیان کردو گەڕانەوە لەو خراپەکاری‌و تاوانانەی خۆیان‌و نوێژیان کردو زەکاتیان دا ئیتر ئەوانە برای دینیتانن‌و نابێ هیچ شتێك بمێنێ لە نێوانتاندا پاش ئەوەی کەنەم یاساو فرمانانەی بۆ باسکردن دەفەرموێ: وە ئاوا ئایەتەکانمان درێژە پێ دەدەین‌و ڕۆشنی دەکەینەوە بۆ ئەو گەلەی کە بزانێت، چونکە زانایان ئەتوانن لەراستی‌و دروستی ئەم یاساو فرمانانەی ﷻ تێبگەن‌و بۆ خەلکی ڕۆشن بکەنەوە. ئینجا دەفەرموێ:

(١٢) خۆ ئەگەر پاش ئەو عەهدو پەیمانەی کەداویانە شکاندیانەوەو تانەوتەشەریان دا لە ئاینەکەتان ئەبێ ئێوەش مەردانە لەوان ڕاپەڕن‌و سەرانی کوفر بکوژن ، چونکە ئەمانە زیانیان زۆرە بۆ ئایین‌و بەلگەیشە لەسەر ئەوەی کەهەرکەسێك تانەو تەشەری دا لە ئایین بە سەرانی کوفر تەماشا دەکرێت ، بەڵێ ئەبێ ئەو تاوانبارانە بکوژرێن چونکە ئەوانە خاوەنی هیچ عەهدو پەیمانێك نین بەڵکو ئەوانیش لە خراپەکاری‌و دەست درێژی کردنە سەر موسڵمانان‌و تانەو تەشەردان لە ئایین واز بێنن، ئینجا خوای زاناو باڵادەست موسڵمانان هەڵدەنێ‌و دەفەرموێ:

(١٣) ئایا ئێوە شەڕ ناکەن لە دژی گەلێك کە پەیمانی خۆیانیان شکاندوەو ویستویانە کە پێغەمبەرﷺ دەربکەن واتە ئەو بت پەرستانەی مەکە ، خۆ ئەوان لە پێشەوە هێرشیان

قَـٰتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ ٱللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنصُرْكُمْ
عَلَيْهِمْ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُّؤْمِنِينَ (١٤) وَيُذْهِبْ
غَيْظَ قُلُوبِهِمْ ۗ وَيَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ
(١٥) أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تُتْرَكُوا۟ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَـٰهَدُوا۟
مِنكُمْ وَلَمْ يَتَّخِذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَا رَسُولِهِۦ وَلَا ٱلْمُؤْمِنِينَ
وَلِيجَةً ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ (١٦) مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ
أَن يَعْمُرُوا۟ مَسَـٰجِدَ ٱللَّهِ شَـٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلْكُفْرِ ۚ
أُو۟لَـٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ وَفِى ٱلنَّارِ هُمْ خَـٰلِدُونَ (١٧)
إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَـٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ
وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ فَعَسَىٰٓ
أُو۟لَـٰٓئِكَ أَن يَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ (١٨) ۞ أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ
ٱلْحَآجِّ وَعِمَارَةَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ كَمَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ
وَجَـٰهَدَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ لَا يَسْتَوُۥنَ عِندَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ
ٱلظَّـٰلِمِينَ (١٩) ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهَاجَرُوا۟ وَجَـٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ
بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ (٢٠)

کردوەتە سەر ئێوە واتە ئایا لەگەڵ بوونی ئەو هەموو وەسفە خراپەی بت پەرستان هێشتا ئێوە شەڕیان لەگەڵ دا ناکەن؟! بۆ؟ ئایا ئێوە لەوان دەترسن؟ بەم شێوەیە خوا هەستی موسڵمانان ئەجوڵێنێ‌و ڕایان ئەوەشێنێ‌و دەفەرموێ: ئەوسا هەر ﷻ شایستەیە کە ئێوە لێی بترسن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن ، خوا دەفەرموێ:

(١٤) بیانکوژن کە ﷻ سزای ئەوان دەدات بەدەستی ئێوەوسەر شۆڕیان دەکات‌و سەرتان دەخات بەسەریانداو خوا شیفای دڵی باوەڕداران دەدات بەلەناوچونی ئەو بت پەرست‌و ستەمکارانە

(١٥) جا ئەو ڕق‌و قینە کەلە دڵتاندابو سەبارەت بەو بت پەرستانە خوا لای ئەبات ، واتە خوا ئەوەندە باوەڕدارانی خۆش ئەوێت ئیشی وایان بۆ دەکات کە دڵیان خۆش بکات‌و هیچ غەم‌و خەفەتێك نەمێنێ لەناو دڵیاندا. ئینجا دەفەرموێ: بەراستی الله تەوبە وەرئەگرێت لەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت وەبەراستی الله زانایە بەقسەکانتان‌و دانایە لە بریارو یاساکانیداو هیچی گۆترەکاری نیە ، ئینجا خوای گەورە زیاتر سەربازەکانی خۆی فێری خۆگری‌و ئازایی‌و لێ هاتویی دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٦) ئایا ئێوە واگومان دەکەن کە وازتان لێ بهێنرێت هەرکە وتتان موسڵمانین ئیتر هیچ تاقی کردنەوەیەکتان نەبێ؟ لە

حاڵێکدا ئەو زانیاریەی کەألله هەیەتی سەبارەت بە بەندەکانی لەدنیادا دەرنەکەوێت کە کێ جیهاد دەکات لە ئێوەو کێ بێجگەلە خواو پێغەمبەروﷺ باوەڕداران ناکات بەدۆستی پەنامەکیو ناودەرونی بۆخۆی؟ واتە لە دنیادا ئەبێ تاقی بکرێنەوە تا چاكو خراپو تێکۆشەرو ترسنۆك ، راست ودووڕو، خواپەرستو هەل پەرست ، ئایین ویستودنیا پەرست لەیەك جیا بکرێنەوەو کە خۆیو خەڵك شایەت بن لەسەری بۆ کاتی دادگایی کردنی لەپاشەڕۆژدا ، جا بۆ زیاتر وریاکردنەوەی باوەڕداران ألله دەفەرموێ: بەراستی خوا ئاگادارە بەوەی کە ئێوە دەیکەنو هیچی لێ ون نابێت بەڵێ خوا ماوە نادات بەهەل پەرستو ترسنۆكو دووڕو لە ریزی سەربازە راستەقینەکانی ئەودا بمێنێتەوە بەڵکو بەتەنگو چڵەمەو ترسو لە دەست دانی خۆشەویستوماڵو سامان ئەوانە ئەتارێنێو ریزی موسڵمانان خاوێن دەکاتەوە ، چونکە خوا نیازی بەکەس نیەو خۆی هەمو ئاڵوگۆڕێك دەکات بەڵام لە دەستی ئەو موسڵمانانەی کە پاكو خاوێننو خۆیان یەکلاکردوەتەوە بۆ ألله ئەگینا لەراستیدا ألله نیازی بەکارو کۆششی ئەوانەش کە پاكو خاوێنن نیە. ألله دەفەرموێ:

(١٧) بۆ موشریکانو بت پەرستان نیە کە مزگەوتەکان ئاوەدان بکەنەوە لەکاتێکا کە خۆیان شایەتبن لەسەرخۆیان کە کافرن واتە خوا نیازی بەئیشی چاکەی کافرو موشریك نیەو هەرچی چاکەیەك بکەن خوا لێیان وەرناگرێت ، چونکەئەوانە کردەوەکانیان هەڵوەشاوەتەوەو ئەوان بۆ هەمیشە لەناو ئاگردا ئەمێننەوە. بەم شێوە دەرکەوت تا باوەڕی راستەقینە نەبێت کرداری چاکی مرۆڤ لەلای ألله هیچ نرخێکی نیەو کافران بۆ هەمیشە لە دۆزەخدان ، ئەمەش دەمکوت کردنێکە بۆ ئەوانەی کە بانگەوازی نزیك بوونەوەی ئایینەکان دەکەنو دەیانەوێ وابسەلێنن بۆ خەڵك کە گاورو جولەکەو خاوەن بیرو راکانی تر وەکو یەکنو هەرکامیان ئیشی باش بکات پاداشتی هەیە؟!

(١٨) لەم ئایەتەدا خوای گەورە پێنج مەرجی بۆ تەعمیرو ئاوەدان کردنەوەی مزگەوت باس کردوەو دەفەرموێ: هەرئەوکەسە مافی ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتەکانی هەیە کە باوەڕی بەخوا هێنابێ بەباوەڕێکی راستو دروستو تێکەڵاو بەهاوبەش دانان نەبوبێت بۆ پەروەردگاروباوەڕی هێنابێت بە رۆژی دواییو زیندو کردنەوەو نوێژەکانی رێكو پێك ئەنجام دابێتو زەکاتی دابێتو نەترسێ لە هیچ کەس بێجگەلە ألله ئائەوە ئەو کەسەیە کە شایستەی ئاوەدان کردنەوەی ماڵەکانی خودای هەیە ، لە راستیدا قورئان هەرجێگایەکی تەماشابکەیت وەك ئاوێنەیەك وایە بۆ مرۆڤ ودەتوانێ بە وردی تەماشای بکاتو بزانێ ئایا خۆی تێدا ئەبینێ یان نە ، چ وەسفەباشەکان چ وەسفە خراپەکان بێت. بۆ نمونە با ئێمەی موسڵمان لێرەدا تەماشای خۆمان بکەینو بزانین ئەو وەسفانەمان تێدایە کە شایستەی ئاوەدانکردنەوەی ماڵەکانی خودابین بەراستی مەگەر بەکەمی ئەگینا بیرو باوەڕی ئەمرۆ لەهاوبەش دانان خاڵی نیەو ئەوەیش کەلێی ناترسین خودایە ، ئەگینا لەهەمو شتێکی تر ئەترسینو ئەگەر چی ئەو سێ وەسفەکەی تر هەبن ، بەڵێ ئەوەی کە خاوەنی ئەو پێنج وەسفە بەنرخەبێ ئەوە باوەڕداری راستەقینەیەو پاشە رۆژێکی روناکی هەیە وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ئەوسا نزیکە ئائەوانە لە ریزی ئەو کەسانەبن کە رێگای هیدایەتو خۆشبەختی دەگرنەبەر ، بەڵێ ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتەکان بەعیبادەت کردارێکی زۆر بە نرخەوپێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: { إِذَا رَأَيْتُمْ الرَّجُلَ يَتَعَاهَدُ الْمَسْجِدَ فَاشْهَدُوا لَهُ بِالْإِيمَانِ فَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى يَقُولُ إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ الْآيَةَ. /الترمذي وغيره.الباني:صحيح/ هەرکاتێ دیتان پیاوێك پەیوەندی چاکە بەمزگەوتەوە جا شایەتی باوەڕداری بۆ بدەن چونکە بێگومان کە ألله ی بڵند مەقام دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ فَعَسَىٰٓ أُو۟لَٰٓئِكَ أَن يَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ﴾ دیسان بۆ رونکردنەوەی تەواوتر باسی ئەوکەسانە دەکات کە باوەڕیان بەپێغەمبەرﷺ نەهێناوە بەڵام بە ئیشی چاکەوە خەریك بوون وەك ئاو ئامادەکردن بۆ حاجیان لە کاتی حەجداو ماڵی خودایان تازە دەکردەوەو بەم دوو وەسفە خۆیان لە ریزی خاوەن باوەڕاندا دائەناو ئەیان وت: ئێوە جیهادو کۆچ دەکەن ئێمەش ئەم دووشتە دەکەین جا خوا دەمکوتیان دەکاتو دەفەرموێ:

(١٩) ئایا ئێوە ئاودان بەحاجیانو ئاوەدان کردنەوەی "مسجد الحرام" کە ماڵی خودایە وەك ئیشی ئەو کەسە دادەنێن کە باوەڕی هێناوە بەخواو بەڕۆژی دواییو جیهاد دەکات لە رێگای خودادا؟ واتە ئایا ئەم دوو تاقمە وەك یەك ئەزانن؟ نەخێر وەك یەك نین لەلای ألله . واتەلێرەدا ئەو راستیە دووبارە بوەتەوە کە ئەگەر باوەڕی راستەقینە نەبێ بەخواو بە رۆژی

يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَٰنٍ وَجَنَّٰتٍ لَّهُمْ فِيهَا
نَعِيمٌ مُّقِيمٌ ﴿٢١﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ
عَظِيمٌ ﴿٢٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوٓا۟ ءَابَآءَكُمْ
وَإِخْوَٰنَكُمْ أَوْلِيَآءَ إِنِ ٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْكُفْرَ عَلَى ٱلْإِيمَٰنِ ۚ
وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ قُلْ إِن
كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ
وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ
تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ
فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى
ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾ لَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِى مَوَاطِنَ
كَثِيرَةٍ ۙ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ ۙ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ
تُغْنِ عَنكُمْ شَيْـًٔا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ
بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ
عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا
وَعَذَّبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٦﴾

دوایی کرداری تری هەرچەند باش بێ لەلای الله هیچ نرخێکی نیە بەڵکو خوا بەو بت پەرستانە دەفەرموێ: جابەراستی الله دەستی ستەمکاران ناگرێتو نایانگەیەنێت بەخۆش بەختیو هەرگیز رێنماییان ناکات. ئینجا خوای گەورە باسی باوەڕدارانی راستەقینە دەکاتو دەفەرموێ:

(٢٠) ئەوسا ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کۆچیان کردوە لەبەر خاتری الله ﷻ وجیهادیان کردوە بەماڵیانو بەگیانیان لە رێگای الله ﷻ دا پلەیان گەورەترە لەکەسانی تر لەلای الله ﷻ و ئەوانە خۆیان بەختەوەرو خۆشبەختنو سەرەڕای ئەوەش دەفەرموێ:

(٢١) پەروەردگاری خۆیشیان موژدەیان پێ دەدات بە سۆزێکی گەورە لەلایەن خۆیەوەو موژدەیان پێ دەدات بە رەزامەندی خۆیو چەندین باخچە کەلەناونەو باخچانەدا بۆئەوان هەیە نیعمەتێکی هەمیشەییو رۆژێك لە رۆژان کۆتایی نایەت،

(٢٢) لەو جێگادا دەمێننەوە بەهەمیشەیی ، نەنیعمەت دوای دێو نەئەوان دێنەدەر بێگومان لەلای الله پاداشتی گەورە هەیە بۆ تێکۆشەرانی رێگای الله جا ئیتر چۆن ئەمانە لەگەڵ بێ باوەڕانێکدا کەئەگەر کەمێ کاری چاکیش بکەن خوا وەری ناگرێو جێگایان دۆزەخە وەکو یەکەن؟! واجارێکی تر خوا پەیڕەوانی ئایینەکەی خۆی تەمێ دەکاتو دەفەرموێ:

(٢٣) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە باوکتانو براکانتان نەکەن بەدۆستو سەرپەرشتیاری خۆتان ئەگەر کوفریان پێ خۆش بوو تا باوەڕهێنان ، جا هەر کەسێك لە ئێوە ئەوکەسانە بکات بە سەرپەرشتو دۆستی خۆی ئەوسا ئەوانە خۆیان ستەمکارنو بەدەستی خۆیان خۆیان دووچاری سزای پاشە رۆژ دەکەن ، واتە ئەو خزمایەتیە کە چەند رێزی لێ گیراوە لە ئایین دا ئەگەر هاتو بەهۆی بیرو باوەڕەوە لەیەك جیابونەوە هیچ نرخێکی نامێنێو مرۆڤەچاکەکەیش بەهۆی دۆستایەتی خراپەکەوە دوچاری سزا دەبێت ، ئینجا زیاتر ئەو مەبەستە رۆشن دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(٢٤) ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: ئەگەر باوکانتانو کوڕەکانتانو براکانتانو ژنانی هاوسەرتانو خێڵەکانتانو ئەو ماڵەی کەبەدەستان هێناوەو کۆتان کردوەتەوەو ئەو بازرگانیەی کەئەترسن زیانی تێدا بکەنو ئەوخانوبەرەیەی کەدڵتان پێی خۆشەو پێی رازین ، ئەگەر ئائەمانەتان لە خواو لە پێغەمبەرەکەیﷺ ولە جیهاد لە رێگای ئەودا لەلا خۆشەویستربوو جا بە وانە بڵێ: با چاوەڕێ بکەن هەتا فرمانی خوایان بۆ دێ بۆ تۆڵە سەندن لێیان ، بەراستی ئەمانە لە سنوری ئایین تێپەڕیوونو خوایش گەلی فاسقو لە سنور دەرچو ناخاتە ناو نیعمەتی خۆیەوەو رێنمایی ناکات ، پاش ئەوەی کەلۆمەی ئەو کەسانەی کرد کەبەهۆی خۆشەویستنو خزمایەتی یان خڕکردنەوەی سەروەتو سامان یان لە دەست نەدانی جێگاو رێگای خۆش وازلە خۆشەویستی خواو پێغەمبەروﷺ جیهادی رێگای خوا ئەهێنن سرنجی موسڵمانان رادەکێشێ بۆلای سەرچاوەی سەرکەوتنو دەفەرموێ:

(٢٥) بەراستی ئێمە لە زۆر شوێنا یارمەتی ئێوەمان داو سەرمان خستن وەك جەنگی بەدر ، وە لە رۆژی حونەیندا کاتێك کەئێوە بە خۆتاندا نازیو لە زۆری خۆتان سەرتان سوڕماو پێتان وابو کەسەرکەوتن بەدەست خۆتانە کەچی کاتێ روبەڕوبونەوە لەگەڵ دوژمندا هەر زۆر زوو پەرتەوازەبوون جائەو زۆرییەی خۆتان سودی پێ نەدانو لەگەڵ ئەو زۆرییەدا وا ورەتان لەدەستدا کە زەویتان لێ تەنگ بوولەپاشان پشتتان تێ کردو مەیدانی شەڕتان چۆڵکرد.

(٢٦) لەپاشان خوای میهرەبان ئارامی نارد بۆ پێغەمبەرکەیو بۆ باوەڕدارانو سەربازانێکی نارد کە ئێوە نەتان دەبینینو

سزای ئەوانەی دا کە کافربوونو شکاندنیو سەروەتو سامانیان کەوتە دەست باوەڕدارانو ئا ئەوە تۆڵەی کافرانە واتە کافران هەرگیز پیرۆز نابن ئەگەرچی بۆ چەند ساتێکیش سەرکەوتن بەدەست بهێنن چونکە بڕیاری خوا لەسەر شکستیو لە ناوچوونی کافرو بێ باوەڕانە هەرچەند بەهێزو پڕ چەكو چۆڵەبن وەك لە سورەتی "ئەنفال" دافەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ ۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾الأنفال: ٣٦

جا بۆزیاتر ڕۆشن بوونەوەی ئەم چەند ئایەتە بفەرمون لەگەڵ ئەم ڕوداوەدا، جەنگی بەدر لە سورەتی "ئەنفال" دا باسکراو تێ گەیشتین کە هەرچەند ژمارەی موسڵمانان لە سێ سەدو پانزە کەس زیاتر نەبوو بەڵام ژمارەی کافران لە نۆسەد کەس زیاتر بوون جاچونکە موسڵمانان هیچ هیوایەکیان بەسەرکەوتن نەبوو ئەگەر خوا هێزی خۆی نەخاتە کارەوە بۆیانو بەو باوەڕەوە لە بەرانبەر ئەوژمارە زۆرەدا وەستانو سەرەنجام خوای زاناو توانا سەری خستن بەڵام لە جەنگی حونەیندا بۆماوەیەکی کەم لەبەر زۆری خۆیان ئەو سەرچاوەیان لەبیر چویەوە کە ئەو لەبیر چونەوە بووبە هۆی شکانو راکردنی موسڵمانانو نزیکەی هەزار کەس لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ مایەوە ، ڕووداوەکە ئابەم شێوەیەبو: کاتێ کە فەتحی مەکە کرا پێغەمبەر ﷺ هەمویانی بەخشیو هەواڵ بە پێغەمبەر ﷺ گەیشت کە هەزاران کەس کۆبونەتەوە بۆ ئەوەی شەڕی لەگەڵدا بکەن ، پاشاکەیان کە مالیکی کوڕ ی عەوفی نەزریو لەگەڵ تەواوی سەقیف داو کوڕانی جەشەمو کوڕانی سەعدی کوڕی بەکرو چەند تیرەیەکی کەم لە کوڕانی هیلالو چەند پیاوێك لە کوڕانی عەمری کوڕ ی عامیرو عەوفی کوڕ ی عامیر بەخۆیانو ژنو مەڕو ماڵاتیانەوە بەجرنەو پڕنەوە هاتون بەرەولای پێغەمبەر ﷺ پێغەمبەریش ﷺ بەو دەهەزار سەربازەی کە هێنابوی بۆ سەرمەکەو دوهەزار شەڕکەری مەکەیشی پێوە لکابوو ببون بە دوانزەهەزارو بەرەو رویان ڕۆیشتو لە شیوێك دا کە ناوی "حونەین" بوو لە تاریکی بەیانیدا هەڵتەقین بەیەکدا کەئەوان کەمینیان کردبو موسڵمانەکانیش بێ ئاگابوون ، موسڵمانانیان دایەبەر تیرو شیری روت کراو بەفرمانی پاشاکەیان هەمویان وەك یەك کەس هێرشیان کردە سەر موسڵمانان ، لەم کاتەدا وەکو قورئان دەفەرموێ:(پشتیان تێ کردو هەڵ هاتن) و پێغەمبەر ﷺ لەوڕۆژەدا کەسواری ئێسترێکی خۆی بو کەناوی (شهباو)بو لەمەیدان دا مایەوەو ئێسترەکەی بەرەو ناوجەرگەی دوژمن لێ ئەخوڕیو عەباسی مامی ئاوزەنگی لای راستی گرتبو ئەبو سوفیانی کوڕ ی حارسی کوڕ ی عەبدولوتەلیبی ئامۆزای لای چەپی گرتبو باری ئێسترەکەیان گران ئەکرد تازۆر توند نەچێت بەڵام پێغەمبەرمان ﷺ ناوی خوای ئەبردو ئەی فەرمو (بۆلای من بێن ئەی بەندەکانی خودا ، بۆلای من بێن ، من پێغەمبەری خودام ، هەرلەو کاتەدا ئەیفەرمو:{من پێغەمبەرمو هیچ درۆی تێدانیە من کوڕی عەبدولوتەلیبم}

بەڵێ خۆیو نزیکەی سەد کەسێك لە یارانی لەوێدا مانەوە کە ئەبوبکرو عومەرو عەباسو فەزڵی کوڕ یو عەلیو ئەبو سوفیانی کوڕ ی حاریسو ئەیمەنی کوڕ ی ئومو ئەیمەنو ئوسامەی کوڕ ی زەید خودا لەهەمویان رازی بێت لەوانەبوون لەپاشان پێغەمبەر ﷺ فرمانی کرد کەعەباسی مامی کەدەنگێکی گەورەی هەبوو بانگ بکاتە موسڵمانان بۆگەڕانەوەو بڵێ: ئەی یارەکانی درەختەکە . مەبەست ئەو درەختەبوو کە موسڵمانانی کۆچەریو یاریدەدەرەکان لە سێبەریدا پەیمانیان دا بەپێغەمبەر ﷺ کە دەوری چۆڵ نەکەنو رانەکەن . ئەویش بەو ناوەوە بانگی کردنو هەندێ جار ئەیوت: ئەی رەفیقەکانی سورەتی "بەقەرە" موسڵمانانیش کاتێ کەئەو بانگ کردنەیان بیست وتیان: بەڵێ واولاّمان دایەوەو خەڵکەکە بەرەولای پێغەمبەر ﷺ گەڕانەوە تەنانەت کەسێ ئەگەر وشترەکەی پەکی بکەوتایە وشترەکەی بەجێ دەهێشتو زرێکەی دەپۆشیو بەپەلە دەهاتەوە لای پێغەمبەر ﷺ جا کاتێ هەندێك لەدەوروبەری کۆبونەوە فرمانی پێ کردن کە هێرش بکەنە سەرکافرەکان ، زۆری نەبرد کافرەکان شکانو موسڵمانان دوایان کەوتنو هێشتا هەندێ لە موسڵمانان نەگەشتبونەوە بەپێغەمبەر ﷺ کۆمەڵێ گیراو کۆکرابوونەوە لەبەردەم پێغەمبەر ﷺ دا.

ئەمە بەکورتی ئەو جەنگەبوو کە موسڵمانان خۆیانیان بەلاوە زۆربو وایان دەزانی نابێ شکست بخۆنو بۆ کاتێکی کەم سەرچاوەی یارمەتیو سەرکەوتنیان لەبیر چویەوە بەو شێوەیە لە ئەوەڵەوە شکان بەڵام پاشان بەو کۆمەڵەکەمە خوای گەورە سەری خستنەوە بەسەرکافران دا بۆیە فەرموێ: (ئەو کۆمەڵە زۆرەی ئێوە هیچ سودی پێ نەدان) بەڵام کاتێ هەستیان بەهەڵەی خۆیان کردو بەرەولای پێغەمبەر ﷺ گەڕانەوە ، خوای میهرەبان بەزەیی بەواندا هاتەوەو تەوبەی لێ وەرگرتنو

دوژمنانی شکاندنو ئەوانی سەرخست ، دەی ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کەئێمەیش بەراستی بەرەوپێغەمبەرﷺ بگەڕێینەوە تا بەڵکو الله بەهاوارمانەوە بێتو لەم بارو دۆخە ئاڵۆزو تاریکەدا رزگارمان بکات؟

(٢٧) پاش ئەم بەخۆ نازینوراکردنەداو دووبارە گەڕانەوەی باوەڕداران بۆلای پێغەمبەر ﷺ خوا تەوبە وەرئەگرێت لەوکەسەی کە ئارەزۆی لێ بێ ئەوەبو زیاتر لە بیست رۆژی پێ نەچووخەڵکی هەوازن هاتنو موسڵمان بوونو پێغەمبەر کردنی بەسەر پشك لەبارەی ئازاد کردنی گیراوەکانیان یان ماڵەکانیان ، ئەوانیش گیراوەکانیان هەڵبژارد کە نزیکەی شەش هەزار پیاوو ئافرەتو منالْ بوونو سامانەکانیانی دابەش کرد بە سەر شەڕکەرانو بەشی پاشاکەیانیشی داو کردیەوەبە سەرپەرشتیان. وە الله زۆر لێ خۆشبوو بەبەزەییە بۆ بەندەکانیو هەرکاتێ بەباشی بگەڕێنەوە لە تاوانو خراپەکاری خوا لێیان خۆش دەبێت ، جابەم شێوەیە کە سەرکەوتنو ژێرکەوتن بەدەست الله یەو چەندە راستو دڵسۆزبن لەسەر ئایینو پەرهیزکارو خۆ پارێزبن لەتاوان ئەوەندە زووتر خوا بەدەمیانەوەدێت بۆیە عومەری کوڕ ی خەتاب خوا لێی رازی بێت زۆر جار بەسەرپەرشتی هێزەکانی ئەوت: خۆتان لە تاوان بپارێزن تا خوا یارمەتیتان بدات ، ئەگەر ئێوە تاوانتان کرد هەرگیز سەرناکەون چونکە ژمارەو چەکوو چۆڵەی دوژمن لە ئێوە زیاترە بەپەرهێزگاری ئێوەو تاوانی ئەوان خوا ئێوە سەر دەخات. ئینجا فرمان دەدات بەسەر موسڵمانان دا کەماوە بە موشریکان نەدەن لەمرۆ بەدواوە بەو شێوە ناشرینە بێنە ماڵی خوداوەو دەفەرموێ:

(٢٨) ئەی ئەو کەسانەی کەباوەڕتان هێناوە بەراستی بزانن کەبت پەرستان بەهۆی بیرو باوەڕیانەوە پیسن دەی با پاش ئەمساڵیان نزیکی "بەیت" نەکەونەوە ئاشکرایە هاتنی خەڵکی زۆر بۆ مەکە سودێکی ئابوری هەبو بۆیە خوا فەرموی: ئەگەر ئێوە ئەترسن لە فەقیری؟ مەترسن بەم زوانە خوا ئێوە بێ نیاز دەکات بەهۆی بەرەکەتو لوتفی خۆیەوە. ئاشکرایە لەو کاتەوە ئیتر خەڵکی مەکە ئەوەندە فەڕو نیعمەتی خوا رژابەسەریاندا فەقیریان لەبیر نەما ئەوەتە ئێستایش کە حاکمیەتی خودا نەماوە هێشتا ساڵانە ئەوەندە خەڵك ئەچێت بۆ حەج وڵاتی سعودیە ناچار بووە جیرەبەندی بکاتو ساڵانە بێجگەلە ژمارەیەکی دیاری کراو ماوەنادەن کەسێکی تر بچێت لەبەر زۆری حاجیان واتە بەراستی راستو رەوان هاتەدی مانای

ثُمَّ يَتُوبُ ٱللَّهُ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ غَفُورٞ
رَّحِيمٞ (٢٧) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ
نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَاۚ
وَإِنۡ خِفۡتُمۡ عَيۡلَةٗ فَسَوۡفَ يُغۡنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦٓ إِن
شَآءَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٞ (٢٨) قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ
لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ
ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ
ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ
(٢٩) وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ عُزَيۡرٌ ٱبۡنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى
ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِۖ ذَٰلِكَ قَوۡلُهُم بِأَفۡوَٰهِهِمۡۖ
يُضَٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُۚ قَٰتَلَهُمُ
ٱللَّهُۚ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ (٣٠) ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ
وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ
مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ
لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ (٣١)

﴿فَسَوۡفَ يُغۡنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦٓ﴾ التوبة: ٢٨ "فلله الحمد" خوا ئارەزۆی لێ بوەو نیعمەتێکی بێ سنوری رژاندوە بەسەریاندا ، جا زۆر جێگای خۆیەتی کۆتایی ئایەتەکە بەم شێوە بێ کە بێگومان الله زانایە بەقسەکانتانو ئیشەکانی خودایش بەحیکمەتە، جارێکی تر خوا رولە موسڵمانان دەکاتو دەفەرموێ:

(٢٩) غەزابکەن دژی ئەوانەی کە باوەڕیان نیە بەخواو بەرۆژی دواییو بەقەدەغەو حەرامی نازانن ئەوەی کە خواو پێغەمبەرەکەیﷺ قەدەغەو حەرامیان کردوە وەتەسلیمی ئایینی راستەقینە کە ئایینی ئیسلامە نابن ، ئەوانە کێنولەکام بەشن؟ ئەوانە لەوکەسانەن کە پەڕاویان پێ دراوە واتە: گاورو جولەکە ، ئەبێ موسڵمانان لەگەڵ ئەمانەدا شەڕبکات تا ئەوان سەرانە ئەدەن بەهۆی هێزی موسڵمانانەوەو ئەوان زەبونو کەم دەست ئەبن واتە پێویستە موسڵمانان لەگەڵ ئەواندا بجەنگن تالە دەست ئەخرێنو ئامادەی سەرانە ئەبن ، وەنابێ هەستی هێزو دەسەڵات بکەن بەداخەوە هەرلەم کاتەدا فرۆکەکانی گاورو جولەکە بەسەر خاکی ئیسلامداو لەسەر پارەی موسڵمانان ئەخولێنەوە ئەمە لە کوێو ئەو فەرمودەی خوا لە کوێ؟! پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ:{لَا تَبْدَءُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى

بِالسَّلَامِ وَإِذَا لَقِيتُمْ أَحَدَهُمْ فِي الطَّرِيقِ فَاضْطَرُّوهُمْ إِلَى أَضْيَقِهِ /رواه مسلم/ پێشەکی ئێوە سەلام لە گاورو جولەکە نەکەن ، وە هەرکاتێك لە ڕێگادا بەیەکێك لەوان گەیشتن ناچاری بکەن بالەکام لاوە تەنگە لەوێوە بڕوات}

ئینجا خوا باسی سیفەتێکی تری خراپی گاورو جولەکە دەکات تا موسڵمانان زیاتر سورببن لەسەر جیهاد دژی ئەو تاقمە غەزەب لێگیراوو گومڕا هانەداو دەفەرموێ:

(٣٠) جولەکە دەڵێن: عوزەیر کوڕی خودایەو گاورەکانیش لەوان سەرلێ شێواوتر بوون چونکە ئەوانیش هەندێکیان عیسا بەکوڕ ی خودا دەزانن‌و هەندێکی تریان عیسا بە خوای سێهەم دەزانن کە لێرەدا باسی تاقمی یەکەمیان دەکات‌و دەفەرموێ: خۆگاورەکان ئەیان وت: کەعیسا کوڕ ی خودایە کە ئەوە قسەیەکەو بەدەمیاندا دەهات‌و خۆیشیان دەیان زانی کە وانیە، جا قسەی ئەو دوو تاقمە وەك قسەی ئەو کافرانەی پێش خۆیان بوو واتە ئەمانە لەسەرئەم بیروڕای خۆیانە هیچ بەلگەیەکیان نەبو تەنها شتێکی سەرزارەکی بووەو هیچی تر، ئینجا ألله بێزاری خۆی لێیان دەردەبڕێ‌و دەفەرموێ: نەفرینی خوایان لێ بێ‌و خوا لەناویان بات چۆن وابەناڕەوا ئەو درۆو دەلەسانە دروست دەکەن؟! هەندێ لەتەفسیر نوسان دەڵێن: کاتێ کە عەمالیقەکان زاڵ بوون بەسەر جولەکەکاندا، زاناکانیان کوشتن‌و گەورەکانیان لە سێدارەداو عوزەیرمایەوەو هەمیشە بۆ کوڕ انی یعقوب‌و بۆ لە ناو چوونی زاناکانیان دەگریا تا پێڵوەکانی هەردوو چاوی کەوتن ، هەر بەم شێوەیە بو تا بەناو گۆڕستانێکدا تێپەڕی‌و دی ئافرەتێك بەسەر گۆڕێکەوە دەگری ئەڵێ: وای بۆ وەلی نیعمەتەکەم وای بۆ پۆشتەکەرەوەکەم، عوزەیر پێی وت: هاوار بۆ تۆ کێ پێش ئەوە بژێوی بەتۆ ئەدا؟ ئافرەتەکە وتی: ألله، ئەویش وتی: دەی خۆ ألله زیندووەو نامرێت، ئافرەتەکە لە وەڵامی عوزەیردا وتی: ئەی عوزەیر کێ خەڵکی فێری زانیاری دەکرد پێش زانایانی نەوەی یەعقوب؟ ئەویش وتی ألله، وتی دەی بۆ دەگریت بۆیان، عوزەیر زانی ئەوەشتێکەو بۆ ئاموژگاری ئەودانراوە ، لە پاشان پێی وترا برۆ بۆ فلان جۆگە خۆتی لێ بشۆرەو لەوێدا دوو ڕکات نوێژ بکە دڵنیابە لەوێدا بە پیاوێك دەگەیت هەرچی پێدایت بیخۆ ، ئەویش چووە ئەوجێگایەی کەپێی وترا ئینجا دی پیاوێك لەوێ یەو بەعوزەیری وت: دەمت بکەرەوە ، ئەویش دەمی کردوە ، جا شتێك کەوەك پشکۆ ئاگرێکی گەورە بوو فڕەیدایە ناو دەمیەوەو ئەو ئیشەی سێ جار پێ ئەنجامدرا ، ئیتر عوزەیر گەڕایەوەو بوو بەزاناترین کەس لەبارەی تەوراتەوە جا بەوانەی کەمابوونەوە لەنەوەی یەعقوبی وت: ئەی کوڕ انی یەعقوب من تەوراتم بۆ هێناونەوە وتیان: ئەی عوزەیر تۆ درۆزن نەبویت، ئینجا چو قەڵەمێکی هێناو بەستی بەپەنجەیەکیەوەو تەوراتی بەپەنجەی خۆی بۆ نوسین ئیتر خەڵکەکە کەم کەم گەڕانەوەو زاناکانیان ئەوانەی کە مابوون‌وخۆیان شاردبویەوە هاتنەوەو هەواڵی عوزەیریان پێدرا ، ئەوانیش ئەو وێنانەی تەورات کەلە چیاکاندا شاردبوونیانەوە هێنایانەوەو دییان ئەوەی کە عوزەیر نوسیوێتی راستە ،

ئینجا هەندێ لە نەزانەکانیان وتیان: بۆیە عوزەیر توانیوێتی شتی وا بکات چونکە کوڕی خودایە!! هەروەها خوای زاناو دانا هۆیەکی تر لە خراپی‌و کوفری جولەکەو گاور باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(٣١) ئەمانە زاناو عابیدەکانی خۆیانیان کردوە بە خوای خۆیان‌و وازیان لە بەندایەتی خوا هێناوەو پەیڕەوی ئەوان دەکەن لە حەرام‌و حەلاڵ کردندا هەرچی ئەوان حەلاڵی بکەن حەلاڵەو هەرچی ئەوان حەرامی بکەن حەرامەو ئەمەش تەنها بەدەست خودایەو کەس بۆی نیە شتی وابکات هەرکەس ئاواشی کرد ئیدعای خوایەتی کردنە ج بڵێ یا نەڵێ.

ئینجا دەفەرموێ: خۆ مەسیحی کوڕ ی مەریەم یان کردوە بە خوای خۆیان ونەوان فرمانیان پێ نەکراوە بێجگەلەوەی کە ئەبێ بەندایەتی یەك خودا بکەن‌و هیچی تر، کە ئەو خودایەش پەرستراوێکی راستەقینەیەوهیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەی تر نیە بێجگە لەو پاك‌و بێ عەیبەو بێ نیازە لەهەمو شت‌و هەمو شتێك نیازی بەو هەیەو دوورە لەو شتانەی کە جولەکەو گاورو باقی بێباوەڕو بت پەرستانی تر دایدەنێن بۆی ، ئەڵێن: کاتێ عەدی کوڕ ی حاتەمی تائی هاتە خزمەتی پێغەمبەرﷺ و خاچێکی زیوی لەملدا بو کە پێغەمبەرﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە حاتەم وتی: ئێمە ئەوانمان نەکردوە بە خوای خۆمان ، پێغەمبەرﷺ فەرموی:{بَلَى إِنَّهُم حَرَّمُوا عَلَيهِم الحَلَالَ وَأَحَلُّوا لَهُمُ الحَرَامَ فَاتَّبَعُوهُم فَذَلِكَ عِبَادَتُهُم إِيَّاهُم/الترمذي الالباني:حسن/ بەڵێ کردویانن بەخوای خۆیان چونکە ئەوان حەلاڵیان لێ حەرام کردون وحەرامیان بۆ حەلاڵ کردون‌و جائەوانیش پەیڕەوییان کردون ئائەوە بەندایەتی ئەو خەڵکەیە بۆ ئەوان }

جا بائەوانەی کەیاسا بۆ خەڵك دائەنێن بێجگەلە یاساکەی خوا تەماشای خۆیان بکەن‌و بزانن ئایا بەگوێرەی ئەم ئایەتەو ئەم

يُرِيدُونَ أَن يُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ
أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ (٣٢) هُوَ ٱلَّذِىٓ
أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ
كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ (٣٣) ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوٓاْ إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْأَحْبَارِ وَٱلرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ
أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَٰطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ
وَٱلَّذِينَ يَكْنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا
فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (٣٤) يَوْمَ يُحْمَىٰ
عَلَيْهَا فِى نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ
وَظُهُورُهُمْ هَٰذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنفُسِكُمْ فَذُوقُواْ مَا كُنتُمْ
تَكْنِزُونَ (٣٥) إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثْنَا عَشَرَ
شَهْرًا فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ
مِنْهَآ أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ فَلَا تَظْلِمُواْ فِيهِنَّ
أَنفُسَكُمْ وَقَٰتِلُواْ ٱلْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا
يُقَٰتِلُونَكُمْ كَآفَّةً وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ (٣٦)

فەرمودە راستەی پێغەمبەرمانﷺ خۆیان نەکردوە بەخوای خەڵك؟ وەئەو خەڵکەش نەبوون بەبەندەو عیبادەت کەری ئەوان؟ لەخوابترسن ئەی خاوەن باوەڕان قیامەتو حیساب هەیەو وریابن لەگەل زاتێکی بە هێزدا زۆران بازی دەکەن هەرگیز نایبەنەوە !! تەماشابکەن ئەوەفەرمودەی خواو پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ ، قسەی من نیە.

(٣٢) ئەمانە ئەیانەوێ نوری خوا کە ئیسلامە بەفوی دەمیان بیکوژێننەوە، بەڵێ ئەم ئایینە لە رووناکی رۆژ بەسودترو روناکترەو خۆگەیەنەرە بەدڵەکانو کەس ناتوانێت رێگای گەیشتنی بۆ هەمیشە بگرێت هەرچی لەگەڵدا بکرێو هەرچۆن دژایەتی بکرێت سەرئەنجام بەگوێو دڵەکان ئەگاتو خەڵك لەسەر چاوڕۆشنی ئەژیو ئەمرێت مەگەر بەدەگمەن ، وەکەسیش بەهانەی نامێنێ بۆ رۆژی دوایی ، چونکە خوا خاوەنیەتیو ماوەنادات بەهیچ کەسو دەسەڵاتێك کە بتوانێ رێگای ئەو نورەی بگرێتو نوری خۆی تەواو دەکات ، وەهەر ئەبێ وابێ ئەگەر چی کافرانیش پێیان ناخۆش بێ چونکە

(٣٣) ئەوزاتە هەرخۆیەتی کە پێغەمبەری خۆی ناردوە بەرێنماییو چاورۆشنیوئایینو بەرنامەی راستەوە تا سەری بخات بەسەر تەواوی ئاینەکاندا ، وەئەبێ وابێ ئەگەر چی موشریکەکان پێیان ناخۆش بێ . ئەمە موژدەیەکی زۆر خۆشە بۆ باوەڕدارانی راستەقینە چونکە قسەی خوایەو ئەبێ بێتەدی هەرچەندە کافرانو موشریکان پێیان ناخۆش بێت هەروەکو لە فەرمودەی پێغەمبەمانﷺ دا هاتوە، کەخوا ئەو ئایینە ئەگەیەنێ بەهەموو زەویو هیچماڵێك نابێ چ لە قوڕو بەرد یان لە دەوارو چادر بێ مەگەر ئەم ئایینەی پێ بگات واتە کەس نیە ئەو ئایینەی پێ نەگات یان بەهۆی دەسەڵاتو زاڵ بوونی موسڵمانان بەسەر تەواوی ناوچەکاندا یان پەك کەوتنو داماو بوونی بێ باوەڕانو تەسلیم بوونیان بەموسڵمانان تاموسڵمان هەبێت لەم سەر زەوییەدا، وەك پێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی:{ لَا يَذْهَبُ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ حَتَّى تُعْبَدَ اللَّاتُ وَالْعُزَّى فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنْ كُنْتُ لَأَظُنُّ حِينَ أَنْزَلَ اللَّهُ هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ أَنَّ ذَلِكَ تَامًّا قَالَ إِنَّهُ سَيَكُونُ مِنْ ذَلِكَ مَا شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ يَبْعَثُ اللَّهُ رِيحًا طَيِّبَةً فَتَوَفَّى كُلَّ مَنْ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ حَبَّةِ خَرْدَلٍ مِنْ إِيمَانٍ فَيَبْقَى مَنْ لَا خَيْرَ فِيهِ فَيَرْجِعُونَ إِلَى دِينِ آبَائِهِمْ / رواه مسلم/دنیا تەواو نابێت تا "لات"و "عوزا"نەپەرسترێت جا وتم ئەی پێغەمبەری خواﷺ بەراستی من کاتێ کەخوا ئەم ئایەتەی رەوانە کرد(هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ) وام دەزانی کە ئیتر هەروادەبێ فەرموی: بەراستی هەروادەبێ تائەوکاتەی کە خوا ئارەزۆی لێیەتی پاشان خوا بایەکی پاك دەنێرێ ئەوسا بەو بایە ئەمرێت ئەوەی کە بەئەندازەی تۆیی خەرتەلەیەك ئیمان لەناودڵیدایە ئەوسا ئەوکەسە دەمێنێتەوە کە هیچ سودێکی تێدانامێنێ جا ئەگەڕێنەوە سەردینی باوباپیرانیان } ئینجا خوای زاناو دانا موسڵمانان ئەترسێنێ لە زاناو عیبادەت کەرانی خراپو زاناو عابیدەکانی پێش ئەم گەلەمان بۆباس ئەکات تا ئێمەیش زاناو عابیدی راستو ناراست بناسینو یەکەممان خۆش بوێو پەیڕەوی بکەینو لە دووهەمیان خۆبپارێزینو لێیان دوربکەوینەوەو دەفەرموێ:

(٣٤) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە چاك بزانن کە زۆربەی هەرە زۆری زانایانو پەرستشکاران لەجولەکەوگاور بەراستی بەناڕەوایی ماڵی خەڵك دەخۆنو رێگا لەدینی الله دەگرنو ماوەنادەن بەخەڵك تابە وردی تەماشای بکەنو راستیەکانی بزانن. ئەم ئایەتە پێشەکی لۆمەی زاناو

إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٌ فِي ٱلۡكُفۡرِۖ يُضَلُّ بِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
يُحِلُّونَهُۥ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُۥ عَامًا لِّيُوَاطِـُٔواْ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ
فَيُحِلُّواْ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُۚ زُيِّنَ لَهُمۡ سُوٓءُ أَعۡمَٰلِهِمۡۗ وَٱللَّهُ
لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٣٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ
إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ
فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٣٨﴾
إِلَّا تَنفِرُواْ يُعَذِّبۡكُمۡ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسۡتَبۡدِلۡ قَوۡمًا
غَيۡرَكُمۡ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيۡـٔٗاۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ
قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدۡ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذۡ أَخۡرَجَهُ
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِيَ ٱثۡنَيۡنِ إِذۡ هُمَا فِي ٱلۡغَارِ إِذۡ
يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحۡزَنۡ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَاۖ فَأَنزَلَ
ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيۡهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٖ لَّمۡ تَرَوۡهَا
وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلسُّفۡلَىٰۗ
وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِيَ ٱلۡعُلۡيَاۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٠﴾

عابیدەکانی جولەکەو فەلەکان دەکات کەبەوشێوەیە رەفتاریان کردوە، ئاشکرایە هۆی دابەزین ، ئایەت تایبەت ناکات بەڵکو گشتیەو بۆ هەرزاناو بەندایەتی کەرێکە کە ماڵی خەڵك بەناڕەوا بخوات و راستیەکان لە خەڵك بشارێتەوەو لۆمەو سەرزەنشتی ئەو کەسانە بکەن کە راستی بەخەڵك دەگەیەنن و حەقیقەت بۆ خەڵك رۆشن دەکەنەوە ، بەداخەوە ئەمڕۆ زۆرێك لەو کەسانەی کە پۆشاکی بەناو زانایان پۆشیوەو ئەوانەی کە بەناو دینەوە رێزیان لێ ئەگیرێ و بەناو ئایینەوە ئەخۆن لەجیاتی خزمەتی ئایین و رێ رونکردنەوەو دەست گرتنی ئەزان و هێنانیان بۆسەر ئایینی الله دژایەتی ئەو تازە پێگەیشتوانە دەکەن و بەدەیان ناوو ناتۆرەی نارێکیان پێوە دەنێن تا لەبەرچاوی خەڵکی ناشیرینیان بکەن و ئەوانیش توشی ئازاربین بەداخەوە ئەنجامدەرانی سوننەتێکی پێغەمبەرمان کەلە ناو خەڵکا ئەماوە لەباتی تەشویق، دەیان بەناو زانا ئەوکارە بەناشیرین و خیلافی مەزهەب و سەرلێ شێوانی خەڵك و..و..هتد ناونەبەن و ئەبنە هۆی تاراندن و تۆراندنی سەدان لاوی تازە پێگەیشتو تەنانەت ماوەشیان پێنادەن لە مزگەوتەکانیاندا دانیشن و خەریکی لەبەرکردنی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەرمان ببن؟!! بەڵام لەبارەی ئەو هەمو بەرەڵای و قومارکردن و عەرەق خواردن و خراپانەوە بێ دەنگن؟! ئینجا خوا هەڕەشەی توند لەو کەسانە دەکات کەهەر خەریکی کۆکردنەوەی ماڵ و زەکاتی لێ نادەن و دەفەرموێ: ئەوسا ئەو کەسانەی کە ئاڵتون و زیو کۆدەکەنەوەو نایبەخشن لەپێناوی الله دا ئەی محمد موژدەیان پێ بدە بە سزایەکی دەردناك، ئاشکرایە بەکارهێنانی موژدە بۆ سزا گاڵتە پێ کردنە ، بەراستی ئەوانەی کە وادەزانن دنیا واتە سەروەت و سامان و کۆشك و تەلاری بەرزو لە بیری ئایندەی خۆیاندا نین و نازانن بۆچی هاتوون بۆ ئەم ژیانە لەهەڵەیەکی زۆر گەورەدان ، ئەوانە سزای سەختیان بۆدانراوە، کەی؟

٣٥ لەو رۆژەدا کە ئەوسەروەت و سامانە ئەکرێ بەپارچەی ئاسن و بۆی داخ دەکرێت لەناو ئاگری دۆزەخدا جا ئەوکاتە ناوچاوانیان پێ داخ ئەکرێت چونکە لە دنیادا چاوی بەرز گرتووەو تەماشایی ئایین و ماف خەڵکی نەکردوە ، هەروەها بەو ئاسنەداخە، تەنیشتەکانیان داخ دەکرێت، چونکە لایان دەکردە بێ نەواو خاوەن مافان لە دنیادا، هەروەها بەو ئاسنەداخە پشتەکانیان داخ دەکرێت چونکە پشتیان کردوەتە بێ نەواو نیازمەندان و خاوەن مافان، وەئەم داخ کردنەیش لە رۆژێکدا دەبێ بەئەندازەی پەنجا هەزار ساڵی ئەم دنیایەو هەرکاتێ سارد ئەبێتەوە دیسان بۆی داخ دەکرێتەوەو پێیان دەوترێت: ئانەمەیە کە کۆتان کردوەتەوە بۆ خۆتان و واتان دەزانی بەوە بەختەوەر ئەبن دەی بچێژن تۆڵەی ئەو کۆکردنەوەو عەمبار کردنەتان کەدڵتان نەدەهات لەرێگەی خوادا خەرجی بکەن. پاش ئەوەی کە باسی زاناو عابیدەکانی پێشوو رەفتارەکانی کردن و تێی گەیاندین کە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و زەکات نەدانی ئەو سزا سەختەی هەیە، دەست کاری نەفامەکان بۆگۆڕانی یاساکانی خوا باس دەکات ودەفەرموێ:

٣٦ بەراستی ژمارەی مانگەکان لەلای الله دوازدە مانگە ، ئەو دوازدە مانگەش تۆمار کراوەو ناگۆڕێ لەو رۆژەوە کە خوا ئاسمانان و زەوی دروست کردوەو لەو دوازدە مانگەش چواریان شەڕتێدا کردنی قەدەغەیە کە بریتین لە (ذوالقعدة، ذوالحجة، محرم) کەبەدوای یەکدان و مانگی (رجب) یش کەوا ئەکەوێتە نێوان (جمادالاخره)و (شعبان)ـەوە نابێ لەو چوار مانگەدا شەڕبکرێت مەگەر دوژمنان دەست درێژی بکەنە سەر موسڵمانان لەومانگانەدا ، ئینجا ئەفەرموێ ئانەوەیە بەرنامەی ئایینی راستەقینە و بەنرخ جا لەو ماوەیەدا زوڵم لە خۆتان نەکەن واتە نەکەن لەو چوارمانگە قەدەغەکراوەدا شەڕبکەن، چونکە پێشەکی زیانی بۆخۆتان هەیە کەبەرنامەی خواتان شکاندوە ، لە راستیدا ستەم لەهەمو کاتێکدا خراپە بەڵام لەم کاتانەدا گەورەتر ئەبێ هەرچۆنێك تاوان خراپە بەڵام لە کەعبەدا بکرێت تاوانەکەی گەورەترە ، وەدەش گونجێ مەبەست لە خۆتان ، تاوان لەگەڵ یەکتردابێ و بەو شێوەیە فەرمویەتی تا مرۆڤ هەستی ئەوەبکات کە هەمو خەڵك بەشێکن لەیەکترو ستەم لەکامیان بکرێ لەوی تر کراوە لەسەر بناغەی{كُلُّكُم مِن آدَمَ وَآدمُ مِن تُـرَاب/ هەموتان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خاکە} ئاشکرایە کەئەمە دووخاڵی گرنگی تێدایە یەکەم:خوا دانەری یاساو بەرنامەی بونەوەرەو کەس ناتوانێ دەستکاری بکات، دوهەم: هەرنەبێ خوایش یاسای سەرزەوی دابنێ و کەس بۆی نیە دەستکاری بکات ، هەرکەسێ بەوە رازی نیە بێ باوەڕو موشریکەو خوایش دەفەرموێ: جا غەزا لەدژی تەوای موشریکان بکەن لە هەموکاتدا وەك ئەوان شەڕ لەگەڵ تەواوی ئێوەدا دەکەن لە هەموکاتێکا واتە: ئەم قەدەغەکردنەی کەباسکرا موشریکان ناگرێتەوە مەگەر ئەو موشریکانەی کەپەیمانی کاتی دیارییان داوەو بە چاکی پەیمانەکەی خۆیان

بەڕێوەبردبێت. ﴿ وَقَٰتِلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ كَآفَّةً ﴾ وە دەگونجێ ﴿ كَآفَّةً ﴾ حالّ بێ لە(واو)ی ﴿ وَقَٰتِلُواْ ﴾ واتە: هەموتان دژی موشریكان غەزابكەن‌و نابێ لەو شەڕانەدا هیچ كامتان دوا بكەون‌و بزانن، كە بەراستی الله لەگەڵ پەرهیزكارانداىەو پشتیوان‌و یارمەتی دەریانە واتە ئەگەر ئێوە پەرهیزكاربوون لە دوژمنانی خواو خۆتان مەترسن‌و هەمیشە ئامادەی گیان فیدایی وجیهادبن چونكە خواتان لەگەڵدایە، وەئەمە پاك كەرەوەی دڵ ودەرونی خواناسانە، چونكە وادەگەیەنێ كەئەگەر پەرهیزكار نەبویت لەو پشتیوانی‌و یارمەتی دانە بێ بەش ئەبی‌و سەرئەنجام تێ دەشكێیت، جاهەركەس دنیای دەوێ باپەرهێزكار بێ وەهەركەس دوا رۆژی دەوێ باپەرهێزكاربێ هەردوو ژیان لە پەرهێزكاریدایە، لەمبارەوزە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ:{ إِنَّ الزَّمَانَ قَدْ اسْتَدَارَ كَهَيْئَتِهِ يَوْمَ خَلَقَ اللَّهُ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ السَّنَةُ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ثَلَاثٌ مُتَوَالِيَاتٌ ذُو الْقَعْدَةِ وَذُو الْحِجَّةِ وَالْمُحَرَّمُ وَرَجَبُ مُضَرَ الَّذِي بَيْنَ جُمَادَى وَشَعْبَانَ/البخاري/ بێگومان ئەم زەمانە دەخولێتەوە هەروەكونەو رۆژەی كەالله ئاسمانان‌و زەوی دروستكردوە كەساڵ دوازدە مانگە كە چوارمانگی قەدەغەیە شەڕ تێدا كردنی سیانیان بەیەكەوەن زولقەعدەو زوالحیجەو موحەڕم وەرەجەبی موزەڕ كەدەكەوێتە نێوان جومادا و شەعبانەوە}ئینجا دەفەرموێ:

(٣٧) بێگومان دواخستنی مانگە قەدەغەكراوەكان تا خوانەناسانی پێ گومڕا بكرێت تەنها نیشانەی زیاتر چونە خوارەوەیە لە كوفرداو دەیانوت: رەحمان كێیەوحەرام‌و حەڵاڵ بەدەست خۆمانە؟ هەندێ جار ئەو مانگە قەدەغەكراوانەیان لەبیر خۆیان دەبردەوە ساڵی وابو موشریكان لەمانگی "موحەڕەم"داشەڕیان دەكردو مانگی "سەفەریان" قەدەغە دەكرد بەم شێوەیە مانگە قەدەغە كراوەكانیان بەناوساڵدا دەسوڕاندەوە ساڵێك حەڵاڵیان دەكردو ساڵێكیش حەرام‌و وەك خۆیان لێ دەكردەوە تا لەگەڵ ژمارەی ئەو مانگە قەدەغەكراوانەی خوادا رێك بكەوێت ئابەم شێوەیە ئەوەی كە الله قەدەغەی كردبو حەڵاڵیان دەكرد. بەراستی ناشیرینی كردەوەكانیان بۆجوان كرابوو واتە شەیتان كردەوەی ناشیرینی بۆ جوان كردبوون ئاوا ئیشی خراپیان دەكردو پێیان وابوو كە ئیشی باش ئەكەن قەدەغەیان حەڵاڵ دەكردو حەڵاڵ یان قەدەغەدەكرد؟! ئەمانە بێ باوەڕو كافرن‌و خوایش گەلی كافر

ٱنفِرُواْ خِفَافٗا وَثِقَالٗا وَجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ
فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٤١
لَوۡ كَانَ عَرَضٗا قَرِيبٗا وَسَفَرٗا قَاصِدٗا لَّٱتَّبَعُوكَ وَلَٰكِنۢ بَعُدَتۡ
عَلَيۡهِمُ ٱلشُّقَّةُۚ وَسَيَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ لَوِ ٱسۡتَطَعۡنَا لَخَرَجۡنَا
مَعَكُمۡ يُهۡلِكُونَ أَنفُسَهُمۡ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ٤٢
عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ
صَدَقُواْ وَتَعۡلَمَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ٤٣ لَا يَسۡتَـٔۡذِنُكَ ٱلَّذِينَ
يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ أَن يُجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ
وَأَنفُسِهِمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلۡمُتَّقِينَ ٤٤ إِنَّمَا يَسۡتَـٔۡذِنُكَ ٱلَّذِينَ
لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱرۡتَابَتۡ قُلُوبُهُمۡ فَهُمۡ
فِي رَيۡبِهِمۡ يَتَرَدَّدُونَ ٤٥ ۞ وَلَوۡ أَرَادُواْ ٱلۡخُرُوجَ
لَأَعَدُّواْ لَهُۥ عُدَّةٗ وَلَٰكِن كَرِهَ ٱللَّهُ ٱنۢبِعَاثَهُمۡ فَثَبَّطَهُمۡ
وَقِيلَ ٱقۡعُدُواْ مَعَ ٱلۡقَٰعِدِينَ ٤٦ لَوۡ خَرَجُواْ فِيكُم
مَّا زَادُوكُمۡ إِلَّا خَبَالٗا وَلَأَوۡضَعُواْ خِلَٰلَكُمۡ يَبۡغُونَكُمُ
ٱلۡفِتۡنَةَ وَفِيكُمۡ سَمَّٰعُونَ لَهُمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ٤٧

خۆش بەخت ناكات‌و نایخاتە سەر رێگای راست، ئینجا خوای گەورە رودەكاتە باوەڕداران‌و دەفەرموێ:

(٣٨) ئەی ئەوانەی كەباوەڕتان هێناوە بۆچی وەختێ كە پێتان دەوترێت دەرچن بۆ جیهاد لە رێگەی خوادا خۆتان قورس دەكەن‌و دەلكێن بەزەویداو تەكان ناخۆن؟ ئایا ئێوە رازین بە ژیانی دنیاو ئەی گۆڕنەوە بە ژیانی قیامەت؟ بەراستی ئاڵوگۆڕێكی خراپە ، چونكە ژیانی دنیا لە چاو ژیانی قیامەتدا هیچ نیە بێجگەلە كاتێكی زۆركەم. لێرە بەدواوە دەست دەكات بەسەرزەنشتی ئەو كەسانەی كەلە جەنگی تەبوك دا دواكەوتن‌و دەفەرموێ:

(٣٩) ئەگەر هەركاتێك كەبانگ كران بۆ دەرچوون لەرێگای خوداداو ئێوە دەرنەچوون بۆ جیهاد خوا سزاتان دەدات بەسزایەكی زۆر دەردناك‌و پڕئێش‌و ئازارو ئێوەش لادەباو گەلێكی تر دادەنێ كە ئەوان وەك ئێوە نەبن ، واتە لەم خۆمات كردن‌و خۆشاردنەوەو پشت كردنەی جیهادەدا خۆتان زیانتان پێ ئەگات‌و دوژمن زاڵ دەبێ بەسەرتانداو لەئاكامیشدا خوا ئەم بەرنامەیەی خۆی واز لێ ناهێنێ‌و كەسانێكی ئازاو نەترسی بۆ دەگەیەنێ‌و ئێوە هیچ زیانێك لەوزاتە نادەن تەنها خۆتان زیانتان لێ دەكەوێت و الله تواناى بەسەر هەمو شتێكدا هەیەو

دەتوانێ بێ باوەڕو کافرو موشریك لە ناوببات بەڵام ئەوە ناکات تابەوان موسڵمانانی راستو دروست لە ئینسانی دوڕوو هەلپەرستو ترسنۆك جیابکاتەوەو سەرئەنجام بێ باوەڕانو کافران شکاوون هەرچەند دەسەڵاتو هێزیشیان هەبووبێت وەك دەفەرموێ: ﴿ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ سَتُغۡلَبُونَ وَتُحۡشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ﴿١٢﴾ ﴾ آل عمران: ١٢.

(٤٠) ئەگەر ئێوە یارمەتی پێغەمبەرﷺ نەدەنو لەگەڵیا نەچن بۆ غەزا خۆتان زیان دەکەن، چونکە ئەگەر ئێوە ببن یان نەبن بەراستی الله یارمەتی دا، کەی؟ ئەوکاتەی کە کافران دەریان کرد لە مەکەو ئەو دووهەمی دوانەکان بوو واتەخۆیو ئەبوبکری صدیق بوو کاتێك کە ئەودووانە لەناو ئەشکەوتی سەوردابوون لەو کاتەی کە وتی بە رەفیقەکەی پەژارەو خەفەتت نەبێ چونکە بێگومان کە الله مان لەگەڵدایەو یارمەتیمان دەداتولە دوژمنان دەمانپارێزێت، جا بەهۆی ئەو هەڵوێستە بەنرخەوە خوای باڵادەست ئارامشی نارد بۆ پێغەمبەرەکەیی ﷺو بەهێزی کردو یارمەتی دا بە سەربازانێك کە ئێوە ئەو سەربازانەتان نەدەبینی، بەڵێ الله خاوەنی سەربازانێکی ئەوەندە زۆرە لە ژمارەدا نایەن بۆ ئێمەو هەردەم بەیەکێکیان تۆڵە لە ستەمکاران وەر دەگرێ، وەبەو شێوەیە خوای گەورە قسەو بڕیاری کافرانی ژێرخست و فرو فێڵی کافرانی تێشکاند پێغەمبەرﷺ و یارەکەی لەدەست ئەوان رزگار کردو وشەو بڕیاری الله کە پاراستنی ئایینەکەی بوو بەهۆی رزگارکردنی پێغەمبەرەکەیەوە سەری خستو الله دەسەڵات دارو کاربەجێیە، ئەکەس لە دژایەتی ئەودا سەردەکەوێتو ئەیباتەوەو ئەبڕیاریکی گۆترەییە، واتە ئەگەر ئێوە ئەمڕۆ یارمەتی نەدەنو لەگەڵیا دەرنەچن بۆ جیهاد وامەزانن کە خوا پێغەمبەرەکەی خۆی پشت گوێ دەخاتو ستەمکاران زاڵ دەکات بەسەریا، نەخێر شتی وانابێ مەگەر خۆتان نەتان دی کە کافران بڕیاری کوشتنی پێغەمبەریانﷺ دا لەمەکەدا بەڵام خوا پاراستیو چاوی ئەوانی لێ کوێرکرد بەتایبەت کاتێ کە لەئەشکەوتی سەوردا بو لەگەڵ یارە گیان فیداو راستگۆو بەوەفاکەی دا. بوخاری وموسلم هێناویانە کە ئەبوبکر ئەڵێ لەکاتێکا کەلەناو ئەو ئەشکەوتەدا بوین وتم بە پێغەمبەرﷺ ئەگەر هەرکام لەوان تەماشای بەردەمی خۆیان بکەن چاویان بەئێمە دەکەوێت، دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرموی: {مَا ظَنُّكَ يَا أَبَا بَكْرٍ بِاثْنَيْنِ اللَّهُ ثَالِثُهُمَا / ئەی ئەبوبکر گومانت چۆنە بەدووکەس کە خوا سێهەمیانە؟} واتە دڵنیابە کە ئەوان ئێمە نابیننو خوا چاودێرو پارێزەرمانە، هەروەها لەبارەی وشەی ﴿ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ ﴾ پێغەمبەرمانﷺ لەوەڵامی پرسیاری کابرایەکدا کەوتی: ئایا ئەگەر کەسێك شەڕ بکات بۆئەوەی بڵێن زرنگە یان لەبەر پارێزگاری لەنەتەوەو غیرەت پاڵی پێوە بنێ یان لەبەر ئەوەی خەڵکی ببینێ کامیان لەرێگەی خودایە؟ پێغەمبەرمانﷺ فەرموی: { مَنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ /رواه الشيخان/ هەرکەسێ شەڕ بکات بۆ ئەوەی کە وشەی الله ی بەدەسەڵاتوبەشکۆ بەرزببێتەوەو هیچی تری مەبەست نەبێت ئەوە لە رێگای خودایەو بەس}

﴿ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ ﴾ وشەی الله، ئایینو رێبازی ئیسلامە کە مانای وشەی﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾ یە. وشەی بێ باوەڕانیش، هاوڵ دانانە بۆ خوا. ئینجا خوا بڕیاری دەرچون بۆ جیهاد دەدات، سوفیانی سەوری ئەڵێ ئەمەی کەباسی ئەکەین واتە ئایەتی چلویەکی ئەم سورەتە یەکەم ئایەتی سورەتی تەوبەیە کە هاتوەتە خوارەوەو خوا دەفەرموێ:

(٤١) دەرچن بۆ جیهاد لەرێگەی خوادا سوکتانو قورستان لە خۆشیو ناخۆشیداو لە تەنگانەو فەرەحی داو بە لاوو بە پیرتانەوە بەناودارو بێ ناوتانەوە بەدەوڵەمەندو فەقیرتانەوە واتە هیچ موسڵمانێك مافی ئەوەی نیە کەبمێنێتەوە لە ماڵداو نەچێت بۆ غەزا لەگەڵ پێغەمبەرداﷺ ، وە جیهاد بکەن لەرێگای خوادا بەماڵتانو بەگیانتان خۆ هەر ئەوە چاکە بۆ ئێوە ئەگەر ئێوە بزانن چونکە بەسەر بەرزانە ئەژینو سەربەرزانە ئەمرن بەڵام ئەگەر دەرنەچن لەهەردوو ژیاندا سەرشۆڕو شەرمەندەن، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت:{ تَكَفَّلَ اللَّهُ لِمَنْ جَاهَدَ فِي سَبِيلِهِ لَا يُخْرِجُهُ إِلَّا الْجِهَادُ فِي سَبِيلِهِ وَتَصْدِيقُ كَلِمَاتِهِ بِأَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ أَوْ يَرْجِعَهُ إِلَى مَسْكَنِهِ الَّذِي خَرَجَ مِنْهُ مَعَ مَا نَالَ مِنْ أَجْرٍ أَوْ غَنِيمَةٍ /رواه الشيخان/ خوا زامنی ئەو جیهاد کەرەی رێگاکەیەتی کە تەنها غەزاو باوەڕبوون بەفەرمودەکانی الله دەری کردوە لەماڵ کە ئەگەر مراندی بیخاتە بەهەشتەوە یان بیگەڕێنێتەوە بۆ ماڵی خۆی لەگەڵ ئەو پاداشو دەسکەوتەی کەدەستی کەوتوە}

ئەڵێن ئەبو تەڵحە سورەتی بەرائەتی خوێندەوە تا گەیشتە ئەم ئایەتەو وتی من واتێ دەگەم کە خوا داوای جیهادی لە پیرو لاو کردوە ئادەی کوڕ ەکانم کەل وپەلی جیهادم بۆ ئامادە بکەن ئەوانیش وتیان نا، رەحمەتی خوات لێ بێ تۆ لە خزمەتی

پێغەمبەردا ﷺ غەزات کرد هەتا لە دنیادا کۆچی کرد ئینجا لەگەڵ ئەبوبکر تا وەفاتی کرد ئینجا لەگەڵ عمر تاوەفاتی کرد وائێستا ئێمەش لە جیاتی تۆ جیهاد دەکەین، بەگوێی نەکردن‌و لە کەشتی جیهاددا سوار بو لەناو دەریادا مردو هیچ وشکاییەکیان دەست نەکەوت کەتێیدا بینێژن تا پاش حەوت ڕۆژ کەهیچ نەگۆرا ئەوسا ئەسپەردەیان کرد. سەعیدی کوڕی موسەیب کەچاوێکی نەمابوو دەرچو بۆ غەزا کە پێی وترا تۆ نوقسانی غەزات لەسەر نیە وتی: الله داوای کردوە کە سوك وقورس دەرچن بۆ جیهاد جا ئەگەر نەشتوانم کە شەڕبکەم خۆ تاپۆی موجاهیدان زۆر دەکەم‌و پارێزگاری لەکەل‌وپەل دەکەم ئینجا خوا لۆمەی دنیا پەرستان دەکات‌و دەفەرموێت :

(٤٢) ئەو کۆمەڵە موناففقانەی کە ئێستا گێرە شێوێنی دەکەن‌و دەیانەوێ لەگەڵ تۆدا دەرنەچن ئەوانە ئەگەر بۆ کەل‌و پەلێکی نزیك بوایە یان بۆ سەفەرێکی کورت بوایە خۆیان زۆر بە زویی ئامادە دەکردو دوات دەکەوتن دنیا پەرستان تەنها بۆ دنیا لەگەڵتانن بەڵام ئەو ڕێگایەیان بەهۆی سەختیەوە پێ دورەو ئامادەی ئەوە نین کەئەو ڕێگا دورە ببڕن‌و لەمەولاش کاتێ کە تۆ گەڕایتەوە بۆ ناویان سوێند دەخۆن و دەڵێن بەخوا ئەگەر توانامان ببوایە لەگەڵ ئێوەدا ئێمەش دەردەچوین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە بێ باوەڕو درۆزن بوون بۆیە خوا دەفەرموێ: ئەوان خۆیانیان فەوتاندوەو ألله دەزانێت کە ئەوانە درۆ دەکەن. پێغەمبەر ﷺ کەم وابووە کە کەسێك بەهانەیەك باس بکات بۆی و تەریقی کردبێتەوە ئەوەبوو لە کاتی ئەم دوا گەشتەی بۆ غەزای تەبووك هەندێك لە دڵ نەخۆش‌و دووڕووەکان، کەلەبەر پاراستنی ماڵ و گیانیان هاتبونە ریزی ئیسلامەوە بەڵام هەمیشە لەناوەوە هەرخەریکی تانەو تەشەردان بوون لە ئایین‌و لە پێغەمبەرو لەموسڵمانان، ئەمانە هاتنە لای پێغەمبەر ﷺ و هەریەکەو بەهانەیەکی بۆخۆی دەتاشی‌و داوای لە پێغەمبەر ﷺ دەکرد کە ماوەی بدات لە مەدینەدا بمێنێتەوە لەبەر ئەو بەهانانەی کە دەیوت، پێغەمبەریش ﷺ بەهانەکەی لێ وەر دەگرتن‌و ماوەی پێ دەدان کە دەرنەچن بۆ تەبوك‌و لە مەدینەدا بمێننەوە بەڵام خوای داناو ئاگا ئەو ماوە دانەی پەسەند نەکردو لۆمەی پێغەمبەری ﷺ کرد بەم ئایەتەی کە دەفەرموێ:

(٤٣) خوالێت خۆش بێ، بۆ ماوەت پێ دان کە دەرنەچن بۆ تەبوك؟ ـ بۆ؟. هەتا دەربکەوتایە بۆت ئەو کەسانەی کەراست دەکەن‌و درۆزنانیش بناسیت. جا خوا دەفەرموێ:

(٤٤) هەرگیز داوای ئیزنت لێ ناکەن ئەوانەی کەوا باوەڕیان هەبێت بەخواو بە ڕۆژی دوایی بۆ ئەوەی کە جیهاد نەکەن لەرێگای خوادا بە ماڵیان‌و بەگیانیان، واتە مرۆڤی باوەڕداری راستەقینە هەرگیز خۆی لە جیهادو ئیشی باش نابوێرێ، بەڵکو بۆ جیهادو ئیشی باش کێ بەرکێ دەکات‌و گیان وماڵی خۆی فیدا دەکات‌و ألله زانەرە بەو کەسانەی کە پەرهێزکارن‌و ئەزانێ کێ بۆچاکەو جیهاد کێ بەرکێ دەکات‌و کێیش ترسنۆك‌و بێ باوەڕە بۆ بەهانە دەگەڕێت بۆ خۆ دزینەوە لە جیهاد، وەك ئەفەرموێ:

(٤٥) هەر ئەوانە داوای ئیزنت لێ دەکەن بۆخۆدزینەوەلە جیهاد کە باوەڕیان نیە بە خواو بەڕۆژی ڤیامەت‌و دڵیان گومانی تێدایە، ئەوسا ئەوان هەمیشە لەو گومانەی خۆیاندان‌و هەمیشە دوودڵن‌و لەسەر هیچ شتێك دڵیان دانامەرزێ‌و هەر هێزێك ئەبینن ئەڵێن ئێمە لەگەڵ ئێوەداین‌و باریان بۆ کەس نیەو خوایش سەربازی ئاوای ناوێت، بۆیە دەفەرموێ:

(٤٦) ئەگەر بیانەوێ دەرچن بۆ جیهاد بەراستی کەرەسەی جەنگی بۆئامادە دەکەن بەڵام خوای گەورە پێی ناخۆشە کە ئەوانە دەرپەڕن بۆ جیهادو بێنە ریزی سەربازە راستەقینەکانییەوە لەبەر ئەوە ساردیان دەکاتەوەو پێیان دەگوترێت دانیشن لەگەڵ دانیشتوەکاندا، واتە باخاوەن باوەڕانی راستەقینە نەترسن‌و غەم‌و پەژارەیان نەبێ بەوەی کەلە کاتی جیهاددا کۆمەڵێك مرۆڤی دڵ بەزیوو ترسنۆك‌و هەلپەرست‌و دۆڕاو لێیان جیائەبێتەوە، چونکە خوا وای پێ خۆشە،

(٤٧) چونکە ئەگەر ئەمانە لەناو ئێوەدا دەریش بچونایە بۆ جیهاد ئەوانە زیاتر سەریان لەئێوە تێك دەداو بەڤسەی درۆو پڕوپاگەندەی بێ جێ ئێوەیان لە دوژمنان دەترساندو لەناو ئێوەدا هەمیشە ڤسەی خراپیان بڵاودەکردەوەو مەبەستیان ئەوەیە کە ئێوە دوچاری بەڵاو ئێش‌و ئازاربین‌و لە ناو ئێوەشدا کەسانێك هەن کە گوێ لە ڤسە خراپەکانی ئەوان دەگرن کە سەرئەنجام ئەوکەسانە دەبنە هۆی لاوازی ریزی خاوەن باوەڕان کەواتە نەهاتنیان چاکەو بەسودە بۆتان ئەی خاوەن باوەڕان، ئەشگونجێ ﴿ وَفِيكُمْ سَمَّاعُونَ لَهُمْ ﴾ مەبەستی ئەوکەسانەبێ کەلەناو ئێوەدا جاسوسی دەکەن بۆ دوژمنانی ئایین، ئەمەش بەلگەیە لەسەر ئەوە کە خوا ئاگادارە بەسەر هەموشتێك دا تەنانەت ئەوەش کە نەبوون ئەگەر ببوایە چۆن دەبوون وەك لە

لَقَدِ ٱبْتَغَوُاْ ٱلْفِتْنَةَ مِن قَبْلُ وَقَلَّبُواْ لَكَ ٱلْأُمُورَ حَتَّىٰ
جَآءَ ٱلْحَقُّ وَظَهَرَ أَمْرُ ٱللَّهِ وَهُمْ كَٰرِهُونَ ﴿٤٨﴾
وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ ٱئْذَن لِّي وَلَا تَفْتِنِّيٓۚ أَلَا فِي ٱلْفِتْنَةِ
سَقَطُواْۗ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةُۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ
﴿٤٩﴾ إِن تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْۖ وَإِن تُصِبْكَ
مُصِيبَةٌ يَقُولُواْ قَدْ أَخَذْنَآ أَمْرَنَا مِن قَبْلُ وَيَتَوَلَّواْ
وَّهُمْ فَرِحُونَ ﴿٥٠﴾ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ
ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَىٰنَاۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ
﴿٥١﴾ قُلْ هَلْ تَرَبَّصُونَ بِنَآ إِلَّآ إِحْدَى ٱلْحُسْنَيَيْنِۖ وَنَحْنُ
نَتَرَبَّصُ بِكُمْ أَن يُصِيبَكُمُ ٱللَّهُ بِعَذَابٍ مِّنْ عِندِهِۦٓ
أَوْ بِأَيْدِينَاۖ فَتَرَبَّصُوٓاْ إِنَّا مَعَكُم مُّتَرَبِّصُونَ ﴿٥٢﴾ قُلْ
أَنفِقُواْ طَوْعًا أَوْ كَرْهًا لَّن يُتَقَبَّلَ مِنكُمْۖ إِنَّكُمْ كُنتُمْ
قَوْمًا فَٰسِقِينَ ﴿٥٣﴾ وَمَا مَنَعَهُمْ أَن تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَٰتُهُمْ
إِلَّآ أَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَبِرَسُولِهِۦ وَلَا يَأْتُونَ ٱلصَّلَوٰةَ
إِلَّا وَهُمْ كُسَالَىٰ وَلَا يُنفِقُونَ إِلَّا وَهُمْ كَٰرِهُونَ ﴿٥٤﴾

سورەتی (الانعام)دا دەفەرموێ: ﴿بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُواْ يُخْفُونَ مِن قَبْلُۖ وَلَوْ رُدُّواْ لَعَادُواْ لِمَا نُهُواْ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٢٨﴾ ئەوەی کە زوو شاردبویانەوە هەموی ئاشکرا دەبێتو ئەگەر جارێکی تریش ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ دنیا بێ گومان دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕەوشتە ناپەسندەی پێشویان ، وە بەراستی ئەوان درۆزنن﴾

لێرەش دووپاتی دەکاتەوەو دەفەرموێ: وە ألله زۆر زانایی هەیە بەسەر ستەمکاراندا بۆیە هەندێك لەزانایان دەربارەی زانستی خوای گەورەدەفەرموون (علم ماکان وعلم مایکون وعلم ماسیکون وعلم مالم یکن لوکان کیف یکون). ئینجا دەفەرموێ:

(٤٨) بەراستی ئەمانە هەر لەکۆنەوە پێش ئەم جەنگی تەبوکەش ئێش وئازارو بەلآیان ویستوە بۆ ئێوەو هەمیشە کاروباریان بەشێوەیەکی هەڵەوگەڕاوەی باس دەکرد بۆتۆ، بۆ تێکدانو چەواشەکاری هەتا حەق هات کە سەرکەوتنی موسڵمانان بوو، وە ئایینی خوا ئاشکرابوو لەحاڵێکدا کە ئەوان پێیان ناخۆش بوو، بەڵام هیچیان پێ نەکرا، جا خوای گەورە زیاتر پەردە لەسەر روی تاوان باران لادەداتو باشتر بە موسڵمانانیان دەناسێنێو دەفەرموێ:

(٤٩) ئەوسا لە ناو ئەو موناففقانەدا کەسانێك هەیە کەدەڵێ: ئەی محمدﷺ ماوەم پێ بدە بامن دەرنەچمو دوچاری سزام مەکە ئەم ئایەتە لەبارەی (جەددەی کوڕ ی قەیسەوە)دابەزی کاتێ کە پێغەمبەرﷺ خەریکی خۆ ئامادەکردن بو بۆ جەنگی تەبوك بەو کابرایەی فەرمو: ئەی جەددەی کوڕ ی قەیس ئایا تۆ ئافرەتانی رێکوپێکی رۆمەکانت ناوێ؟ ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا ماوەم نادەیت کەدوچاری بەڵام نەکەیت؟ بەخوا گەلەکەم هەموی ئەمە ناسێت کە من پیاوێکم زۆر زەوقم لە ئافرەت هەیەو من دەترسم ئەگەر بێمو لەوێ ئافرەتانی رۆم ببینم خۆم پێ راگیر نەکرێو دوچاری تاوانو سزاببم، کەئەمەی وت پێغەمبەرﷺ وازی لێ هێناو ماوەی دا ئینجا ئەم ئایەتە دابەزیو تێی گەیاند کە زۆر هەڵەیە چونکە بەنەچونەکەی دوچاری سزادەبێ نەوەك بەچوونی وەك دەفەرموێت: باناگاداربێو چاك بزانێت بەم هەڵوێستە ناشیرینانەیان کەوتونەتە ناو سزاوەو بەم رەفتارانەیان بێ ئایینیو ستەمکاریو کوفری شاراوەیان ئاشکرا دەبێو بێگومان کەدۆزەخ چواردەوری کافرانی داوەو هەرگیز رزگارنابن لێی، ئینجا بۆچوونو رەوشتێکی تری ناپەسەندیان باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٥٠) ئەی محمدﷺ ئەگەر تۆ لەم جەنگەدا کەبۆی دەچیت سەرکەوتیتو شتێکی باشت دەست کەوت ئەوان پێیان ناخۆشەو ناڕەحەت دەبنو ئەگەر هاتو توشی بەلآو ناڕەحەتیش ببیت ئەڵێن بەراستی ئێمە خۆمان ئەمان زانی چۆن ئیش بکەینو سەرئەنجامی ئەو ئیشە ئاوادەبێ بۆیە دەرنەچووین جا بەکەیفو شادمانیەوە بەوەی کەرویداوە بۆپێغەمبەرﷺ وموسڵمانان و ئەوانی تێدانەبوە پشت تێ دەکەن ، خودایش دەمکوتیان دەکاتو دەفەرموێ:

(٥١) ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ هەرگیز دووچاری ئێمە نابێت مەگەر ئەوەی کە ألله داناوەو ویستویەتی بەسەرماندا بێتو ئێمەش بەبڕیاری خوای خۆمان رازینو گەردن کەچین، چونکە هەرئەوە سەرپەرشتو دۆستو یارمەتی دەرمانەو تەنها با بە ألله باوەڕداران پشت ببەستن چونکە هەر ألله یە نزم بەرز دەکاتەوەو بەرزیش نزم دەکاتەوە، وەهەر ئەوە فەقیر دەوڵەمەند دەکاتو دەوڵەمەند فەقیرو کەسی تر هیچی لە دەست نایەت ئەگەر ئەو ئارەزۆنەکات. جابۆ ئەوەی مانای ئایەتەکان باشتر رۆشن ببێتەوە کورتەیێەك لە جەنگی تەبوك

فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُمْ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم
بِهَا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٥٥﴾
وَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنَّهُمْ لَمِنكُمْ وَمَا هُم مِّنكُمْ وَلَٰكِنَّهُمْ
قَوْمٌ يَفْرَقُونَ ﴿٥٦﴾ لَوْ يَجِدُونَ مَلْجَـًٔا أَوْ مَغَٰرَٰتٍ
أَوْ مُدَّخَلًا لَّوَلَّوْا۟ إِلَيْهِ وَهُمْ يَجْمَحُونَ ﴿٥٧﴾ وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ
فِى ٱلصَّدَقَٰتِ فَإِنْ أُعْطُوا۟ مِنْهَا رَضُوا۟ وَإِن لَّمْ يُعْطَوْا۟ مِنْهَآ إِذَا
هُمْ يَسْخَطُونَ ﴿٥٨﴾ وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوا۟ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ
وَرَسُولُهُۥ وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ سَيُؤْتِينَا ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ
وَرَسُولُهُۥٓ إِنَّآ إِلَى ٱللَّهِ رَٰغِبُونَ ﴿٥٩﴾ ۞ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ
لِلْفُقَرَآءِ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْعَٰمِلِينَ عَلَيْهَا وَٱلْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ
وَفِى ٱلرِّقَابِ وَٱلْغَٰرِمِينَ وَفِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ۖ
فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٦٠﴾ وَمِنْهُمُ
ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلنَّبِىَّ وَيَقُولُونَ هُوَ أُذُنٌ ۚ قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ
لَّكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَيُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِينَ وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ ۚ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦١﴾

باس دەکەین. گەرمای هاوین بووکە پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێگەیشت کە سوپایەکی گەورەی رۆم خۆی ئامادەکردوەو ئەیەوێ هێرش بهێنێتە سەر موسڵمانان، پێغەمبەریش ﷺ ئەم هەواڵەی بە یارەکانی داوو داوای لێ کردن هەرچی زوترە خۆیان ئامادەبکەنو تەنها جەنگێکیشە کە پێغەمبەرمان ﷺ پێش دەرچونی باسی کردبێو خەڵکی زانیبێتی بەرەو کوێ دەچن چونکە هەم کاتەکە سەخت بوو هەم رێگاکە دوور بوو پێویستی بەنانو خۆراکی زیاتربوو هەم سوپای دوژمن زیاتر بوو هەم کاتی پێگەیشتنی خورماو باغو بێستانی مەدینە بوو، لەڕاستی دا تاقی کردنەوەیەکی سەخت بوو هەروەك لە مێژودا ئەم سوپایە بە سوپای تەنگانەو سەخت ناوبراوە(جیش العسرە)جا ئەوانەی راست ودڵسۆزی خۆیانو ئایین بوون دەستیان کرد بەخۆئامادە کردنو هەرکەسێکیش بەگوێرەی توانای خۆی ماڵی ئەهێنا کە یەکێك لە چاکەکارە گەورەکانی ئەوکاتە عوسمان بووخوا لێی رازی بێت هەزار دیناری نارد بۆ پێغەمبەر ﷺ و خۆیشی ئامادەبوو هی وایشی بوو تەنها دەیتوانی کۆڵەدارێك بهێنێو بیفرۆشێتو درهەمێ یان زیادو کەمی دەکرد ئەیهێناو ئەوەیشی کە توانای هیچکامیانی نەبوو بەگریانو پەژارەوە لەمەدینەدا مایەوە کە ئەوانیش بەو نیەتە باشەیان بوون بەهاوبەشی ئەو جەنگە سەختو گەورەیەو چەند کەسێکی باشیش نەفسو شەیتان هەڵیدێرانو نەچوونو وەختێ کە پێغەمبەرمان ﷺ گەڕایەوە راستیان پێ وتو پێغەمبەریش وازی لێ هێنانو داوای لەیارەکانی کرد کەکەس قسەیان لەگەڵدا نەکات بەڵام چونکە ئەوانیش بەباشی لەو کارەی خۆیان پەشیمان بوونەوە خوای گەورە تەوبەی لێ وەرگرتنو پێغەمبەریش ﷺ چاوپۆشی کردلێیان جا ئیتر کەم کەم لەگەڵ ئایەتەکاندا درێژەی باسەکە ئەزانن ئینجا خوای گەورە بۆ ئەوەی زیاتر دوو روەکان سەرزەنش بکات رودەکاتە پێغەمبەرمانو ﷺ دەفەرموێ:

﴿٥٢﴾ ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئایا ئێوە بێجگە لە دوو شتی چاك چ شتێکی تر چاوەڕێ دەکەن بۆ ئێمە یان شەهید بونمانەو گەیشتنمانە بە رەزاو رەحمەتو نیعمەتی فرەوانو هەمیشەیی ألله یان سەرکەوتنمانە لە دنیادا بەسەر ئێوەدا؟ وەلەحاڵێکدا کەئێمە بۆ ئێوە دوو شتی خراپ چاوەڕێ دەکەین یان ئەوەی کە ألله خۆی دوچاری سزاتان بکاتو بتانکوژێت یان بەدەستی ئێمە خودا سزاتان بداتو بتانکوژینو بتان گرین سا ئێوە چاوەڕێ بکەنو ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕێ دەکەین سەرئەنجام دەزانن کاممان سەرکەوتو خۆشبەختینو کاممان دۆڕاوو روو رەشو شەرمەندەین، بەڵێ خوای گەورە زیاتر رقو تورەیی خۆی سەبارەت بە دووڕوەکان پیشان دەداتو هیچ خەیرو چاکەیەکیان لێ وەرناگرێتو دەفەرموێ:

﴿٥٣﴾ پێیان بڵێ: ببەخشن جا بەکەیفی خۆتان بێ یان پێتان ناخۆش بێت هیچ جیاوازی نییە لێتان وەرناگیرێت کە بەبێشك ئێوە گەلێکی فاسقو لە سنور تێپەڕیوون. چونکە ئەوان نەخۆیان پاکنو نەماڵەکانیانو خوداش پاکەو شتی پاك نەبێ وەری ناگرێ.

﴿٥٤﴾ هیچ شتێك نییە کە رێگر بێت لەوەرگرتنی چاکەکانیان بێجگە لەئەوەی کە ئەوان بێ باوەڕن بەخواو بە پێغەمبەرەکەیو نوێژ ناکەن مەگەر بەشێوەیەکی لاملیو تەمەڵیو لەبەر چاوی خەڵکیو نابەخشن مەگەر بەشێوەیەکی نابەدڵی چونکە چاوەڕوانی پاداشتەکەی نین. بەم شێوەیە دەردەکەوێت ئەگەر بیرباوەڕی راستەقینە لە دڵەکاندا جێگیر نەبێ ئەو خاوەن دڵانە هەرچەند چاکەو ئیشی باشیش بکەن لەلای خوا هیچ نرخێکی نیەو هیچ پاداشتێکیشی پێ نادرێتەوە، ئینجا خوای داناو ئاگا دڵی باوەڕداران ئەداتەوەو

تێیان دەگەیەنێت کەبە سەروەتو سامانی بێ باوەڕان دڵ گران نەبن‌و بەشتێکی زۆر گرنگی دانەنێن‌و دەفەرموێ:

(٥٥) جا بازۆری ماڵ‌و منالی ئەو کافرانە وات لێ نەکات کە سەرت سوڕبمێنێ‌و بە شتێکی گرنگی بزانی ئارەزۆی خوا لەسەر ئەو سەروەتو سامان‌و منالْ پێدانەی کافران بێجگەلەوەی کەئەیەوێ بەو ماڵ‌و منالە سزایان بدات لەدنیاداو گیانیان دەربچێت بەبێ باوەڕی‌و کافری شتێکی ترنیە، چونکە بەهۆی ئەو سەروەتو سامانە زۆرەوە زۆر ماندو دەبن‌و هەمیشە ئەترسن لەدەستیان بچێت‌و هەمیشە لەبیری زۆرکردنیدان‌و بێ ئاگادەبن لەمردن‌و پاشەڕۆژو هەرگیز ناگەڕێنەوە لەتاوان‌و خراپەکردن تا سەرئەنجام بەبێ باوەڕی‌و کافری ئەمرن‌و هەموو سەروەتو سامانەکانیان بەجێ ئەمێنێ‌و زۆرجاریش کەلەپوربەری راستەقینەش سودی لێ نابات بەڵکو لە بانکەکاندا کەسانێ ئەیبەن‌و ئەیخۆن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە خاوەن سامانەکەوە نەبووەو نیە واتە لە کۆکردنەوەی ئەو سەروەتو سامانە زۆرە سودێکی شایەنیان دەست نەکەوت بەڵکو حساب‌و سزای سەخت چاوەڕێیانە، ئینجا خوا سیفەتێکی تری دووڕووەکانمان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(٥٦) جا ئەوان سوێند دەخۆن بەخواو دەڵێن: بەبێگومان ئێمە لە ئێوەین بەڵام خوا بەدرۆیان دەخاتەوەو دەفەرموێ: ئەوسا ئەوان لە ئێوە نین‌و موسڵمان نین‌و درۆ دەکەن، بەڵام راستی ئەوەیە کەئەوان گەلێکی ترسنۆکن لەبەر ترسنۆکی خۆیان هەمیشە خۆیان بەرواڵەت بەخاوەن باوەڕو دۆستی باوەڕداران ناوئەبەن‌و هەمیشەیش سوێند دەخۆن لەسەر ئەوەی کەراستن، نەخێر ئەمانە درۆزن‌و ترسنۆکن.

(٥٧) ئەگەر ئەوان پەناگایەك یان ئەشکەوتێك یان هەر کون‌و کەلەبەریەکیان دەست بکەوێت هەرکەناوی جەنگ‌و جیهاد برا بەرەو ئەوێ دەچن جا نەك چونێکی سروشتی بەڵکو ئەوان زۆر پەلەدەکەن‌و پاڵ دەنێن بەیەکترەوە تا زووتر بگەنە ئەو شوێنەو خۆیان بشارنەوە. بەڵێ قورئان ئابەوشێوەیە ترسنۆکی دووڕوەکان پیشان دەدات‌و نرخیان نایەڵێت تا موسڵمانان بە نەفەری زۆر دڵ خۆش نەکەن بەڵکو بە پاك‌و خاوێنی‌و پەرهیزکاری ریزەکانی خۆیان دڵ خۆش بن، چونکە خوا لەگەڵ پەرهیزکاراندایە کەمبن یان زۆر، دوژمن‌و شکێنەری ستەمکارو ملهوڕانە هەرچەند خاوەن هێزو بەدەسەڵات بن، ئینجا خوا زیاتر رەوشتە ناپەسەندەکانی دووڕوەکان رۆشن دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(٥٨) ئەوسا لەناوئەواندا کەسانێك هەن کە تانەو تەشەرت لێ دەدەن‌و لەبارەی بەخشین‌و دابەش کردنەوە گاڵتەت پێ دەکەن جا ئەگەر لەو سەروەتو سامانەی کەدەستتان دەکەوێت بەشیان بدەیت رازی دەبن بەڵام ئەگەر لەوسەروەتو سامانە پێیان نەدرێت ئیتر ئەوان رازی نین‌ورق لەدڵن و دەست دەکەن بەتانەو تەشەردان لە ئایین‌و دژایەتی پێغەمبەرﷺ دەکەن، واتە ئەمانە هەمو شتێکیان هەر لەبەر دنیایە،

(٥٩) خۆ ئەگەر ئەوان رازی بوونایە بەوەی کە خواو پێغەمبەرەکەیﷺ پێیان دابوون‌و بیان وتایە خودا بەسە بۆمان بەم زووانە خوای گەورە لە بەرەکەت‌و فەزڵی خۆی پێمان دەدات‌و هەروەها پێغەمبەرەکەیشیﷺ لەوەی کەدەستی دەکەوێت یارمەتیمان دەدات‌و خۆیان بگرتایەو قسەی باشیان بکردایەو بیان وتایە بێگومان ئێمە هەر روو لەخوداین‌و رازی بەو بەشەین کە پێی داوین ئەوە باشترین قسەبو بۆیان ولەهەردوو ژیاندا خۆش بەخت دەبوون، جا بەبۆنەی دابەش کردنی دەسکەوتەکانەوە باسی دابەش کردنی زەکات کە یەکێکە لە واجبە گرنگە کانی سەرشانی موسڵمانی ماڵ و سەروەتدار دەکات، کەبەراستی بەخێوکردنێکی کۆمەڵایەتی زۆرگرنگەو زۆرجار کەباسی نوێژ کراوە باسی زەکاتیشی لەگەڵدا کراوە وەك لەسەرەتای سورەتی بەقەرەدا باسمان کرد، بەڵێ ئەم زەکاتە ئەوەندە گرنگە خوا خۆی زەکات بەرانی دیاری کردوە، ئەڵێن جارێك کابرایەك هاتە خزمەتی پێغەمبەرﷺ وداوای زەکاتی لێ کرد پێغەمبەرﷺ فەرموی:{ إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى لَمْ يَرْضَ بِحُكْمِ نَبِيٍّ وَلَا غَيْرِهِ فِي الصَّدَقَاتِ حَتَّى حَكَمَ فِيهَا هُوَ فَجَزَّأَهَا ثَمَانِيَةَ أَجْزَاءٍ فَإِنْ كُنْتَ مِنْ تِلْكَ الْأَجْزَاءِ أَعْطَيْتُكَ حَقَّكَ /أبو داود/بێگومان کە الله ی بڵند مەقام رازی نەبووە کەس لەبارەی دابەش کردنی زەکاتەوە بڕیاربدات نە پێغەمبەرو نەغەیری پێغەمبەرو زەکات بەرانی کردوە بەهەشت بەشەوە جائەگەر تۆ یەکێك بی لەو هەشت بەشە ئەوا لەزەکات مافی خۆتت پێ دەدرێت، ئەگینا پێت نادرێت} مەبەستی پێغەمبەرﷺ لەو هەشت بەشە ئەمەیە کە خوا دەفەرموێ:

(٦٠) زەکات تەنها بەمانە ئەدرێت یەکەم:فەقیر دوهەم:کەم دەست وشەی(فەقیرو مسکین)ئەگەر بەجیابن هەردوو مانایان

یەکە بەڵام ئەگەر هەردووکیان بەیەکەوەهاتن وەك ئێرە ماناکەیان جیایە، جا لەبارەی ماناکانیانەوە چەند شت وتراوە لەوانە، فەقیر واتە: ئەوکەسەی کە هیچی نەبێ‌و مسکین واتە: ئەوکەسەی کە هەیبێ بەڵام بەشی نەکات وەپێچەوانەش ماناکراون، بەهەرحاڵ ئەوەی هیچی نەبێ یان هەیبێ بەڵام بەشی نەکات لە زەکات بەشیان دەدرێت، سێهەم بریتیە لەئەوکەسانەی کە ئیش دەکەن بۆ کۆکردنەوەی زەکات واتە مەئموری زەکات کۆکەرەوە لەو زەکاتەی پێ دەدرێت چونکە ئەگەر خۆی خاوەن بەش بێ‌وموچەی دیاری کراوی نەبێت دڵسۆزانە تر ئیش ئەکات.

چوارەم : بریتیە لە ئەوانەی کەتازە موسڵمانبن تابەو زەکاتە دڵیان پتەوتر ببێت لەسەر ئایین یان بەهۆی بەخشین بەوان خزم‌و کەس‌و کاری ئەوانیش باوەڕبهێنن یان بەخشین بەکەسێکی بێ باوەڕ بەتەمای موسڵمان بوونی یان بۆپارێزگاری کردنی موسڵمانان واتە ئەگەر چی لەم وێنەی دواییەدا زەکات دانە بەکافرو بێ باوەڕ بەڵام چونکە چاوەڕوانی سودی لێ دەکرێت بۆ موسڵمانان شتێکی باشەو دروستە،

پێنجەم : بریتیەلە لەپێناوی ئازادکردنی بەندەکاندا، یاسای بەندایەتی لەو سەردەمەدا یاسایەکی گەورەی سەردەم بووەو ئیسلام دای نەناوە، بەڵکو ئیسلام کەهات دەیان شێوەی دانا بۆ ئازاد کردنی لەوانە دانانی بەشێکی گەورەی زەکاتی موسڵمانان بۆ ئازاد کردنیان واتە بەراستی ئیسلامە تاکە سەرپەرشت‌و خەمخۆری راستەقینەی مرۆڤەو بەهەمو شێوەیەك هەوڵی داوە ئازاد بێ تەنانەت لە هەڵبژاردنی ڕێگاو ڕێبازدا وەك دەفەرموێ:(لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ)بەڵێ ئیسلام لە دنیایەکی خەیاڵدا ناژی بەڵکو لە دنیایەکی واقیع‌و بەرچاودا دەژی‌و دەزانێ مرۆڤ بێ سەرپەرشت‌و بێ یاساو بێ گەورەو بچوکی ناتوانێ بژێت جا ئەگەر یاسایەکی بێ لایەن‌و دادگەرو یەکسانی نەبێت، یاسایەکی تر دەبێ هەبێت لەبەر ئەوە زۆری لێ دەکات کە دەبێ یاسایەکی یەکسان بۆ ئەوەی بەشەرو دادگەر کە بریتیە لە یاسای ألله هەڵبژێرێت هەربەوەش مرۆڤ لە بەندایەتی مرۆڤ ئازاد دەکات‌و هەمویان دائەنێ بە بەندەی دروستکەرو سەرپەشتیکارو بەخێوکەری راستەقینەو هەمویان لە بەرانبەر ئەوزاتەوە یەکسانن‌و لە دادگای ئەو یاسایەدا مرۆڤ هەمویان بەیەك چاو تەماشا دەکرێن، جا دانانی ئەم بەشە لە زەکات بۆ ئازاد کردنی بەندەکان باشترین بەڵگەی خەمخۆری‌و دڵسۆزی ئیسلامە سەبارەت بەنەوەی ئادەمیزاد، جائەمڕۆ هەرلەسایەی ئیسلامەوە ئەم بەشە لەوڵاتی ئیسلامیدا بەو شێوەیە لەئارادا نەماوە بەڵام لەو وڵاتانەی کە دەهۆڵی ئازادی‌و مافی مرۆڤ گوێچکەی خەڵك کەڕدەکات هێشتاهەرماوە؟!! جائەو بەشەی زەکات دەتوانرێت لە ئازادکردنی موسڵمانان لەدەستی ستەمکارو لە بیرو بۆچونی فریودەران‌و رزگارکردنی زیندانیە موسڵمانەکاندا بەکار بهێنرێت والله اعلم.

شەشەم: بریتیە لەوقەرزارانەی کە لەسەر شتی حەڵاڵ قەرزار بوبن، یان ئەگەر لەسەر شتی حەرامیش بێ ئەگەر بەباشی تەوبەیان کردبێ‌و قەرزیان لەسەر مابێ‌و توانای بژاردنەوەیان نەبێ.

حەوتەم: بریتیەلە لەرێگای خوادا کەئەمە دەرگایەکی بەربڵاوو فراوانەو هەمو ئیشێکی چاکی گشتی ئەگرێتەوە کەسەر قافڵەیان بریتیە لەو کەسانەی کە جیهاد دەکەن لە ڕێگای خوادا تالەبیری سەروەت‌و ساماندا نەبن‌وخەمی لەناوچونی نەخۆن و بەتەلاش وجیهادی خۆیانەوە سەرگەرمبن چونکە بەشێکی زەکاتی موسڵمانان بۆ ئەوانە.

هەشتەم: ڕێبواران ئەو ڕێبوارانەی کەلە ڕێگادا بەهەرهۆیەك پارەیان لێ نەبڕێ‌و نیازیان بەیارمەتی دەبێ، پێویستە لەو بەشەی زەکات کەبۆ ڕێبواران دانراوە بەشیان بدرێت، جا ئەگەر دەوڵەمەند بو بەقەرز وەرگرێت‌و پاش گەڕانەوەی بیداتەوە ئەوەچاکترە، واتە ئیسلام هەنگاو بە هەنگاولەگەڵ مرۆڤدایە هەرگیز بەتەنها بەجێی ناهێڵێت، ئینجا خودا دەفەرموێ: ئەمە شتێکی پێویست کراوە لەسەرشانی موسڵمانان لەلایەن (الله)ـەوەو (الله) زانایەو پێویستیەکانی مرۆڤ دەزانێ‌و هەموونیشی بەحیکمەتەو لە جێی خۆیدایە. ئینجا خوای گەورە زیاتر پێناسەی دووڕوەکان دەکات‌و دەفەرموێ:

(٦١) جا لەناو ئەو مونافق‌و دووڕوانەدا کەسانێك هەن کە ئازاری پێغەمبەرﷺ دەدەن بەتانەو تەشەردان لێی‌و دەڵێن: ئەو گوێ لەهەمو قسەیەك دەگرێ‌و چاك‌و خراپ لەیەك جیاناکاتەوەو هەرکەسێ هەرچی لابڵێت باوەڕی پێ دەکات ئەمە هەم تانەبوو لە پێغەمبەرﷺ هەم دڵخۆشکردنی دووڕوەکانی رەفیقیان بوو چونکە دەیان وت هەرچی ئەڵێن لەپاش ملە بیڵێن‌و مەترسن لە محمد ئەگەر قسەیشی بۆکرا بچن سوێندی بۆ بخۆن‌و بڵێن درۆیە باوەڕتان پێ دەکات، ئینجا ألله دەفەرموێ: ئەی محمدﷺ بڵێ: من گوێگری قسەی چاکم کە وەحی خوایە بۆ ئێوە، ئینجا خوا دەمکوتی تاوانباران دەکات‌و دەفەرموێ: ئەو پێغەمبەرەﷺ باوەڕی بەفەرمودەکانی خوا هەیەو هەرچی

يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمۡ لِيُرۡضُوكُمۡ وَٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَحَقُّ
أَن يُرۡضُوهُ إِن كَانُواْ مُؤۡمِنِينَ ﴿٦٢﴾ أَلَمۡ يَعۡلَمُوٓاْ أَنَّهُۥ
مَن يُحَادِدِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَأَنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدٗا فِيهَاۚ
ذَٰلِكَ ٱلۡخِزۡيُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٦٣﴾ يَحۡذَرُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ
أَن تُنَزَّلَ عَلَيۡهِمۡ سُورَةٞ تُنَبِّئُهُم بِمَا فِي قُلُوبِهِمۡۚ قُلِ ٱسۡتَهۡزِءُوٓاْ
إِنَّ ٱللَّهَ مُخۡرِجٞ مَّا تَحۡذَرُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَئِن سَأَلۡتَهُمۡ
لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلۡعَبُۚ قُلۡ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ
وَرَسُولِهِۦ كُنتُمۡ تَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم
بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ إِن نَّعۡفُ عَن طَآئِفَةٖ مِّنكُمۡ نُعَذِّبۡ طَآئِفَةَۢ
بِأَنَّهُمۡ كَانُواْ مُجۡرِمِينَ ﴿٦٦﴾ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتُ
بَعۡضُهُم مِّنۢ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمُنكَرِ وَيَنۡهَوۡنَ
عَنِ ٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَقۡبِضُونَ أَيۡدِيَهُمۡۚ نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمۡۚ
إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٦٧﴾ وَعَدَ ٱللَّهُ
ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلۡكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ
فِيهَاۚ هِيَ حَسۡبُهُمۡۚ وَلَعَنَهُمُ ٱللَّهُۖ وَلَهُمۡ عَذَابٞ مُّقِيمٞ ﴿٦٨﴾

دەفەرموێ بەراستی ئەزانێو باوەڕی بەراستیو دروستی موسڵمانان هەیە لەبەر ئەوە بەچاکی گوێیان لێ دەگرێت، بەڵێ ئەم ناپاکانە لەو حەوسەڵەو شەرمەی پێغەمبەرمانﷺ بەشێوەیەکی خراپ سودیان وەردەگرت، پێغەمبەرﷺ کەسی تەریق نەدەکردەوە ئەگەرچی بەچاکی کابرایشی دەناسی، وەئەو سۆزو میهرەبانیەکی زۆری هەیە بۆ ئەوکەسانەی کە باوەڕیان هێناوە لە ناو ئێوەدا، ئینجا خوا توڕەیی خۆی سەبارەت بەو ناپاکانە دەردەبڕێو دەفەرموێ: ئەوسا ئەوکەسانەی کە ئازاری پێغەمبەری خوا دەدەن بۆ ئەوان سزایەکی پڕ ئێشو ئازارو دەردناك هەیە. جا(ﷲ) ترسنۆکی ئەو دووڕوانە زیاترئاشکرا دەکاتو دەفەرموێ:

(٦٢) سوێند بەخوا دەخۆن بۆ ئێوە تا ئێوە رازی بکەن. دەڵێن پیاوێك لە دووڕووەکان وتی: وڵلاهی ئەگەر ئەوەی کە محمدﷺ دەیڵێت راست بێ ئێمە خراپترین لە گوێ درێژ باوەڕدارێکیش گوێی لێ بو وتی: وەڵلاهی ئەوەی کە محمد ئەیڵێت راستەو ئێوە خراپترن لە گوێ درێژ ئەم قسەیە گەیشتە پێغەمبەرﷺ و ناردی بەشوێن کابراداو هێنراو فەرموی: بۆ وات وت؟ کابرای دووڕو دەستی کرد بە سوێند خواردنو نەفرین کردنو سوێندی دەخوارد کە شتی وای نەوتوەو باوەڕدارەکەیش هەر دەیوت خوایە راستگۆو درۆزن لە یەکتر جیابکەرەوە، جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی ڕەوانە کردو فەرموی ئەوان سوێند دەخۆن بۆ ئێوە تا ئێوە رازی بکەن، لەحاڵێکدا کەخواو پێغەمبەرەکەیﷺ شایستەی ئەوەیە کە رازی بکرێت ئەگەر ئەوان باوەڕداربن، واتە دەبوایە لە خوا بترسانایەو بەدڵ لەگەڵ خوادا بونایەو دڵی پێغەمبەریان رازی بکردایە نەك بەدرۆ هەوڵ بدەن تا باوەڕداران لە خۆیان رازی بکەن، ئینجا خوای گەورە هەڕەشەیان لێ دەکاتو دەفەرموێ:

(٦٣) ئایا ئەوان نازانن کە هەرکەسێك دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرکەی بکات ئاگری دۆزەخی بۆهەیەو هەمیشە لە ناویدا دەمێنێتەوە؟ کە بەراستی ئەوە سەرشۆڕیەکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوان. ئینجا دەفەرموێ:

(٦٤) دووڕووەکان دەترسن کە سورەتێك لە دژی ئەوان رەوانە بکرێتو هەموو کەینو بەینێکیان ئاشکرابکاتو ژیانو گیانیان بخاتە مەترسیەوە، جا خودایش بەردی سارد دەدا بەدڵیانداو چەند دەترسن سەد ئەوەندەی تر دەیان ترسێنێو دەفەرموێ: ئەی محمد پێیان بڵێ: با هەرگاڵتە بکەن بێگومان کە ﷲ ئاشکراکەری ئەوەیە کە ئێوە لێی دەترسن کە هاتنی ئەم ئایەتانەیە.کە دەفەرموێ:

(٦٥) ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیتو بڵێیت بۆچی قسەی واتان کردوە دەڵێن ئێمە ئەو قسەمان بەگاڵتەو شۆخی کردوە مەبەستی ترمان نەبووە. خوایش دەفەرموێ: ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ ئایا بە خواو بەئایەتەکانیو بە پێغەمبەرەکەی گاڵتە دەکەن؟

(٦٦) هیچ بەهانەیەك مەهێننەوە بەحەقیقەت ئێوە کافربوون لەپاش ئەوەی کەباوەڕتان بووە، واتە گاڵتەکردن بەخواو بەئایەتەکانی خواوبە پێغەمبەر ئەبێ بەهۆی کافربوون، ئەی قسە وتن بەناموسی پێغەمبەر پیسترین جنێونیە بەوخۆشەویستە؟ دەی چۆن کافر نابن؟! خۆ زانایان بەلایانەوە وایە ئەگەر کەسێ بەگاڵتەوە وتی: وەرە با قومار بکەین یان عارەق بخۆین کافر دەبێ چونکە گاڵتە کردنە بەو ئایەتانەی خوا کە ئەو شتانەی قەدەغەکردوە، بەداخەوە ئەمرۆ موسڵمانان هیچ حسابێك بۆ قسەکانی خۆیان ناکەن. ئینجا خوا دەفەرموێ: ئەگەر چاو پۆشی لەکۆمەڵێکێتان بکەین کەبەچاکی پەشیمان ببێتەوە باچاك بزانن کە حەتمەن کۆمەڵکیشتان هەر سزا دەدەین چونکە بەراستی ئەوان تاوانبارنودەبێ تۆڵەی

كَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنكُمۡ قُوَّةٗ وَأَكۡثَرَ
أَمۡوَٰلٗا وَأَوۡلَٰدٗا فَٱسۡتَمۡتَعُواْ بِخَلَٰقِهِمۡ فَٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِخَلَٰقِكُمۡ
كَمَا ٱسۡتَمۡتَعَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُم بِخَلَٰقِهِمۡ وَخُضۡتُمۡ
كَٱلَّذِي خَاضُوٓاْۚ أُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا
وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ٦٩ أَلَمۡ يَأۡتِهِمۡ
نَبَأُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ قَوۡمِ نُوحٖ وَعَادٖ وَثَمُودَ وَقَوۡمِ
إِبۡرَٰهِيمَ وَأَصۡحَٰبِ مَدۡيَنَ وَٱلۡمُؤۡتَفِكَٰتِۚ أَتَتۡهُمۡ
رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظۡلِمَهُمۡ وَلَٰكِن
كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ٧٠ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ
أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ
وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ
وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرۡحَمُهُمُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٧١
وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا
ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ
وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ٧٢

خۆیان وەربگرن، جا زیاتر پەردە لەسەر مونافقان لادەداتو دەفەرموێ:

٦٧ پیاوانی مونافقو ژنانی مونافق هەندێکیان لە هەندێکیانن‌و پاڵ پشتو لایەنگرو یارمەتی دەری یەکترن، وەنەمە چوار سیفەتە ناپاکەیان هەیە یەکەم: هەمیشە فرمان دەکەن بەخراپە، دوهەم: بەرگری دەکەن لە چاکە، سێهەم: دەستیان قوچاوەورژدن‌و چاکە ناکەن، چوارهەم: خوایان لە بیر چوەتەوە خوایش ئەوانی پشتگوێ خستوەو نایانخاتە سەر رێگای خۆشبەختی بێگومان ئەوانەی کە مونافقن هەرئەوانن فاسقو لە سنوری خوا دەرچوون‌و دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن ئاشکرایە سزای ئەم جۆرە دووڕوانە ئەبێ زۆر توندو سەخت بێ، چونکە هەڵس‌و کەوتیان ئەوەندە ناشیرین‌و نالەبارە هەمو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان‌و رەوشتجوان بێزی لێ دەبێتەوە، چاکە بەخراپە دابنێ‌و بەرگری خەڵکیشی لێ بکاتو خراپە بەچاکە دابنێتو خەڵکیشی بۆ بانگ بکاتو هەمیشە هەرخەریکی دنیا کۆکردنەوەبێتو کەچی ئەوەند رژدو بەخیل بێت هیچ شتێك نەبەخشێت بەڵکو هیچ ئاگایەکی لە سەرچاوەی هەستی نەبێ‌و هەرگیز بیر لەو زاتە نەکاتەوە! جا ئاوا مرۆڤێك دەبێ بێجگە لە سزاو نەفرینی الله چ شتێکی تر چاوەڕوانی دەکات؟ ئەوەتە خوای داناو توانا سەبارەت بەپاشە رۆژی ئەوانە دەفەرموێ:

٦٨ الله بەڵێنی ئاگری دۆزەخی داوە بە تەواوی پیاوو ئافرەتانی مونافقو بەسەرجەمی کافران کە بۆهەمیشە دەخرێنە ناوییەوە کە هەر ئەوە بەسە بۆیان‌و الله نەفرینی لێ کردون‌و بۆ ئەوان هەیە سزایەکی هەمیشەیی.

٦٩ وەك ئەو کەسانەی کەلە پێش ئێوەدا بوون کە بەهێزتر بوون لە ئێوەو زۆرتریش بوون لە ژمارەی سەروەتو سامان‌و منالأندا، جا ئەوان لەدنیادا بەو بەشەی خۆیان تام‌و لەزەتیان وەرگرتوپێیان رایان بوارد و ئێوەش لەبەشی خۆتان تام‌و لەزەتتان وەرگرت هەروەك تام‌و لەزەت وەرگرتنی ئەو کەسانەی کەلە پێش ئێوەدا بوون بەئەو بەشەی کە پێیان درابو وە ئێوە لە خراپەو خراپە کاریدا زۆر چوونە خوارەوە وەك ئەوکەسانەی کەلە پێش ئێوە وایان بەخۆیان کرد واتە: ئەی تاوانبارو دووڕوەکان تاکەی لە تاوان‌و دووڕوویی وازناهێنن هەرچەندە رابوێرن سەرئەنجام هەروەکو ئەوانەی پێش خۆتانتان لێ دێتو ئەبێ بگەڕێنەوە بەردەم دادگای الله، ئینجا دەفەرموێ: ئائەوانە کردەوەکانیان هەم لە دنیاداو هەم لە قیامەتدا هەڵوەشاوەیە، وەئەوانە هەرخۆیانن رەنجەڕۆو زیان لێ کەوتو، ئینجا باسی گەلانی پێشویان بۆ دەکات بەڵکو بیر بکەنەوەو واز لە تاوان‌و خراپە بهێنن‌و دەفەرموێ:

٧٠ ئایە نەهاتوەتە لای ئەوان هەواڵی ئەوانەی پێش خۆیان کە بریتی بوون لە گەلی (نوح) کەلە پێش ئەواندا بوون کەبە تۆفان لە ناوچون‌و گەلی عاد کە دژایەتی پێغەمبەرکەی خۆیانیان کرد کە (هود) بوو خوا بەبایەکی حەوت شەو هەشت رۆژ لە ناوی بردن وەهەروەها گەلی سەمود کە دژایەتی پێغەمبەرەکەی خۆیانیان کرد کە (سالح) بو وشترەکەیان کوشتو خوایش بەدەنگێك لە ناوی بردن، وەگەلی (ئیبراهیم) کە خوا ئەوی لە ئاگر رزگار کردو ئەمرودی کوڕ ی کەنعانی پاشایانی لەناوبرد، وەگەلی مەدیەن کە دژایەتی پێغەمبەرکەیان کرد کە (شوعەیب)بو خوایش بە بومەلەرزەو دەنگو سزایەکی سێبەر لەناوی بردن، وەگەلی (لوت) کە دژایەتی ئەویان کردو بەنیشی خراپەوە خەریك بوون خوا هەموویانی لەناو بردو لوتی رزگارکرد، جاخوا ستەمی لەوان نەکردوە بەڵام ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد. ئینجا خوا پاش باسکردنی سیفەتە ناپەسەندەکانی دووڕوەکان باسی خاوەن باوەڕان دەکاتو دەفەرموێ:

٧١ پیاوە باوەڕدارەکان‌و ئافرەتە باوەڕدارەکان هەندێکیان سەرپەرشتو دۆستو یارمەتی دەری هەندێکیانن کە فرمان دەکەن بەچاکەو بەرگری دەکەن لە خراپەو نوێژ دەکەن‌و زەکات دەدەن، وەپەیڕەوی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، ئائەوانە بەم زووانە خوا رەحمیان پێ دەکات بێگومان کە الله دەسەڵات دارەو پەیڕەوانی بەهێزدەکاتو دوژمنانی سەرشۆڕ، دانایە لەکارو بەرنامەو پاداش‌و سزای داو لەهیچ کاروبڕیارێکیدا شتێکی گۆترەکاری تێدانیە، ئینجا خوا هەروەك لە پێشەوە پاش وەسفی دووڕوەکان سزاکەیشی بۆ باس کردین وا لێرەش پاش وەسفی باوەڕداران، پاداشەکەیان باس دەکاتو دەفەرموێ:

٧٢ خوا بەڵێنی داوە بە پیاوە باوەڕدارەکان‌و ئافرەتە باوەڕدارەکان بە چەندین باخچەو باغاتێك کەلە ژێر ئەو باخچانەدا چەندین جۆگا دەڕواتو ئەوان ئەمێننەوە تێیدا بۆ هەمیشەیی‌و چەندین جێگای پاكو خاوێن لەناو باخچەکانی

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْۚ
وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٧٣﴾ يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ
مَا قَالُواْ وَلَقَدْ قَالُواْ كَلِمَةَ ٱلْكُفْرِ وَكَفَرُواْ بَعْدَ إِسْلَٰمِهِمْ
وَهَمُّواْ بِمَا لَمْ يَنَالُواْۚ وَمَا نَقَمُوٓاْ إِلَّآ أَنْ أَغْنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ
مِن فَضْلِهِۦۚ فَإِن يَتُوبُواْ يَكُ خَيْرًا لَّهُمْۖ وَإِن يَتَوَلَّوْاْ يُعَذِّبْهُمُ
ٱللَّهُ عَذَابًا أَلِيمًا فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِۚ وَمَا لَهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ
مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٧٤﴾ ۞ وَمِنْهُم مَّنْ عَٰهَدَ ٱللَّهَ لَئِنْ
ءَاتَىٰنَا مِن فَضْلِهِۦ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٧٥﴾
فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُم مِّن فَضْلِهِۦ بَخِلُواْ بِهِۦ وَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعْرِضُونَ
﴿٧٦﴾ فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِي قُلُوبِهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُۥ بِمَآ أَخْلَفُواْ
ٱللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُواْ يَكْذِبُونَ ﴿٧٧﴾ أَلَمْ يَعْلَمُوٓاْ
أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ عَلَّٰمُ
ٱلْغُيُوبِ ﴿٧٨﴾ ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ ٱلْمُطَّوِّعِينَ مِنَ
ٱلْمُؤْمِنِينَ فِي ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا
جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٩﴾

جێگای دانیشتنداو خوا رازییە لێیان کە رەزامەندی خوا لەهەمو شتێك گەورەترە بەراستی ئەوەیە خۆشبەختیو بەهرەی گەورە کە ألله دەیدات بەو باوەڕدارانە. جاکێ تامەزرۆی ئەو بەهرەو پاداشتە گەورەیە با هەوڵی بۆ بداتو ئەو سیفەتە بەنرخانەی تێدا بێتە دی دڵنیابێت کە ألله بەڵێنی خۆی ئەباتە سەر، شایانی باسە بەهەشت هەرچۆنێ بیری لێ بکەینەوە لە خۆشیو جوانیو پاکیدا ناگەینە ئەوە کە دەرکی تامو لەزەتی راستەقینەی لێ بکەین، بێجگە لەو هەمو باسو تاریفانەی قورئان، پێغەمبەرمانﷺ لەتاریفیداسەدان فەرموودەی فەرموە ئێمەش لێرەدا دوانیان دەنوسین پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {جَنَّتَانِ مِنْ فِضَّةٍ آنِيَتُهُمَا وَمَا فِيهِمَا وَجَنَّتَانِ مِنْ ذَهَبٍ آنِيَتُهُمَا وَمَا فِيهِمَا وَمَا بَيْنَ الْقَوْمِ وَبَيْنَ أَنْ يَنْظُرُوا إِلَى رَبِّهِمْ إِلَّا رِدَاءُ الْكِبْرِيَاءِ عَلَى وَجْهِهِ فِي جَنَّةِ عَدْنٍ /بخاري ومسلم/ دوو باخچەی زیو بە زەرفەکانیەوەو بەوەی کە تێیدایەو دوو باخچەی زێڕ بە زەرفەکانیەوەوبەوەی کە تێیدایە هیچ شتێك نابێت بەبەربەست لەنێوان ئەوخەڵکەو لەنێوان بینینی خودا بێجگە لە پەردەی (کیبریا)و ئەمەش هەموی لە باغچەی دانیشتندایە} هەروەها دەفەرموێ:{ إِنَّ لِلْمُؤْمِنِ فِي الْجَنَّةِ لَخَيْمَةً مِنْ لُؤْلُؤَةٍ وَاحِدَةٍ مُجَوَّفَةٍ طُولُهَا سِتُّونَ مِيلًا لِلْمُؤْمِنِ فِيهَا أَهْلُونَ يَطُوفُ عَلَيْهِمْ الْمُؤْمِنُ فَلَا يَرَى بَعْضُهُمْ بَعْضًا /بخاري ومسلم/ بەراستی لە بەهەشتدا هەمو باوەڕدارێك چادرێكی هەیە کە لە یەك دانە مرواری ناو خاڵی دروست بووە کە درێژیەکەی شەست میلە، بۆ ئەو باوەڕدارە لەناو ئەو چادرەدا چەندین خێزان هەیەو بەسەریاندا ئەگەڕێت بەڵام ئەوەندە پانو گەورەیە ئەوان یەکتر نابینن} جاخوای گەورە روی فەرمایشتی خۆی دەکاتە پێغەمبەر ﷺو دەفەرموێت:

﴿٧٣﴾ ئەی پێغەمبەر جیهاد بکە دژی کافرانو مونافقانو زۆر توندو تیژبە لە سەر دژایەتیانو جێگاو شوێنی ئایندەی ئەوان دۆزەخەو ئەو شوێنە بۆ ئەوان پیسترین جێگایە، بەڵێ، پێغەمبەری ئازیزمانﷺ ئەم فرمانەی ألله ی هەروەك باقی فرمانەکانی تری بەچاکی جێ بەجێ کردوەو چەندین جەنگی گەورەو بچوکی دژی کافران کردوە بەڵام بەزمان دژی دووڕوەکان قسەی کردوەو نەیکوشتون تا دوژمنان پڕوپاگەندە لەدژی بڵاونەکەنەوەو بڵێن: محمد رەفیقەکانی خۆی دەکوژێتو بەو شێوەیە رێگا لە باوەڕهێنانی خەڵکی دورەدەست بگرنو بیانترسێنن لە رەفیقایەتی پێغەمبەرﷺ جاهەرکەس بەدەم بەباوەڕدار خۆی دەربخستایە ئیتر ئەمین دەبو لە گیانوماڵی، پێغەمبەر ﷺ ئەگەر چی دەیناسین بەهۆی پێناسەی خوداوە بۆی بەڵام باری تانەو تەشەری ئەوانی هەڵدەگرت تا دوژمنان نەتوانن لەو کەلەبەرەوە بێنەناوو دەست بکەن بەترساندنی خەڵك یان کەسانی مونافق هەڵبسن بەکوشتنی کە سانێ کە خۆشیان ناوون بەناوی مونافقەوە، تەنانەت پێغەمبەرمانﷺ توڕەبوە لە ئوسامەی کوڕ ی زەید کە زۆری خۆش دەویست لەسەر ئەوەی کەکاتێ کابرایەکی کافری توش هات وتی(لا اله الا الله) بەڵام ئوسامە باوەڕی پێ نەکردو وتی: لە ترساوا ئەڵێتو کوشتی، ئەم باسە بەدرێژی لە سورەتی (النساء) ئایەتی نەوەدوچواردا باسکراوە. ئینجا خوا درێژە بەباسی دووڕوەکان دەداتو دەفەرموێ:

﴿٧٤﴾ سوێند دەخۆن بە ألله کە ئەوان ئەو قسەیان نەکردوە، وەخوایش بەدرۆیان دەخاتەوەو دەفەرموێ: خۆ بەراستی ئەوان وشەی کوفریان وتو وەکافربوون بەئاشکرا پاش ئەوەی کە بەرواڵەت موسڵمان بوون، ئەوەی راستی بێ ئەمانە هەربە ڕواڵەت موسڵمان بوونو هەرگیز باوەڕی راستەقینەیان نەبوە، تەنها بۆ پاراستنی گیانوماڵیان فرمانەکانی ئیسلامیان ئەنجام دەدا،

ئینجا پەروەردگار دەفەرموێ: جا ئەوانە ویستیان پیلانێکی پڕمەترسی ئەنجام بدەن بەڵام پێی نەگەیشتن، ئەوەبو چەند نەفەرێك لەو دووڕوانە کاتێ پێغەمبەرﷺ لە تەبوك گەڕایەوە ویستیان لە پلەیەکدا لەسەر وشترەکەی هەوایدەن بەمەبەستی شەهیدکردنی بەڵام ألله ئاگاداری کردەوە جاچەند کەسێکی پێشەکی ناردو لەو جێگادا دەریان کردن، خۆ ئەوان هیچ رقێکیان نەبو لە پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها ئەوەبو کە خواو پێغەمبەرەکەیﷺ ئەوانیان بێ نیاز کردبو لەو خەیرو بەرەکەتەی کە خوا رژاندی بەسەریاندا جا ئەوانە لەباتی شوکری خوداو رێزدانان بۆ پێغەمبەرەکەی کە بوە بەهۆی دەوڵەمەندبونیان کەوتنە رقەبەری‌و دژایەتی پێغەمبەرﷺ سەرەڕای ئەوەش خوا دەفەرموێ: ئەوسا ئەگەر ئەوان تەوبەبکەن‌و واز لە دژایەتی ئایین‌و پێغەمبەر بهێنن ئەوە چاکە بۆیان، وەئەگەر تۆبەنەکەن‌و هەر پشت لە ئایین بکەن خوای گەورە سزایان دەدات بەسزایەکی دەردناك لە دنیاو لە قیامەت دا واتە لە دنیادا سەرشۆڕو بێ قیمەت‌و زەلیلیان دەکات‌و لە رۆژی دواییشدا دەیانخاتە دۆزەخەوە ئەوسا لەم سەرزەویەدا هیچ دۆست‌و یارمەتی دەرێکیان نیە.

ئینجا باسی ئەو کەسانە دەکات کە کەم دەست‌و نیازمەند‌و بەڵێنی توندو بەهێز دەدەن بەخوا ئەگەر دەوڵەمەندببین لەخەیرو چاکە نەوەستین بەڵام وەختێ خوا نیعمەتی خۆی دەرژێنێ بەسەریاندا بەڵێنەکەیان لەبیر دەچێتەوەو دەفەرموێ:

(٧٥) هەر لە ناو ئەواندا کەسانێك هەن کە پەیمانیان داوە بەخوا کە ئەگەر خوا نیعمەتی پێدان چاکەبکەن‌و لە ریزی پیاو چاکاندابن.

(٧٦) کەچی کاتێ خوا نیعمەتی رژاند بەسەریانداو سەروەت‌و سامانیان زۆربو رژدیان کردو هیچ زەخەیرو چاکەیەکیان لێ نەکردو پشتیان کردە ئایین‌و هەروا لەسەر ئەو پشت تێکردنەش بەردەوام بوون،

(٧٧) جا بەو هۆیەوە خوا داینا لەناو دڵەکانیاندا موناففقی‌و لەسەری مانەوە تا رۆژی قیامەت، ئەوەش ئەوەنەبێ کە خوا ستەمی لێکردبن بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە پاشگەزبوونەوە لەو بەڵێنەی کە بە خوایان دابوو وەبەهۆی ئەوەی کە درۆیان کردبو، واتە بەڵێن شکان‌و درۆکردن ئەوەندە پڕمەترسیە پێویستە باوەڕداران ئاگایان لە خۆیان بێت‌و ئەم دوو خوە ناپەسەندەیان تێدا بەدی نەکرێت ئەوەتە پێغەمبەرمانﷺ

ٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً
فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ
وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٨٠﴾ فَرِحَ ٱلْمُخَلَّفُونَ
بِمَقْعَدِهِمْ خِلَٰفَ رَسُولِ ٱللَّهِ وَكَرِهُوٓا۟ أَن يُجَٰهِدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ
وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَالُوا۟ لَا تَنفِرُوا۟ فِى ٱلْحَرِّ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ
أَشَدُّ حَرًّا لَّوْ كَانُوا۟ يَفْقَهُونَ ﴿٨١﴾ فَلْيَضْحَكُوا۟ قَلِيلًا وَلْيَبْكُوا۟ كَثِيرًا
جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾ فَإِن رَّجَعَكَ ٱللَّهُ إِلَىٰ طَآئِفَةٍ
مِّنْهُمْ فَٱسْتَـْٔذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ فَقُل لَّن تَخْرُجُوا۟ مَعِىَ أَبَدًا وَلَن
تُقَٰتِلُوا۟ مَعِىَ عَدُوًّا إِنَّكُمْ رَضِيتُم بِٱلْقُعُودِ أَوَّلَ مَرَّةٍ فَٱقْعُدُوا۟
مَعَ ٱلْخَٰلِفِينَ ﴿٨٣﴾ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ
عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ إِنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ فَٰسِقُونَ
﴿٨٤﴾ وَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَأَوْلَٰدُهُمْ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُعَذِّبَهُم
بِهَا فِى ٱلدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٨٥﴾ وَإِذَآ
أُنزِلَتْ سُورَةٌ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَجَٰهِدُوا۟ مَعَ رَسُولِهِ ٱسْتَـْٔذَنَكَ
أُو۟لُوا۟ ٱلطَّوْلِ مِنْهُمْ وَقَالُوا۟ ذَرْنَا نَكُن مَّعَ ٱلْقَٰعِدِينَ ﴿٨٦﴾

فەرمویەتی:{ آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلَاثٌ إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ /بخاري/ نیشانەی موناففق سێ شتە یەکەم: هەرکاتێ قسەی کرد درۆدەکات. دووهەم: هەرکاتێ بەڵێنێکی دا نایباتە سەر. سێهەم: هەرکاتێ ئەمانەتێکی پێ سپێررا خیانەتی تێدا دەکات} ئینجا خوا هەڕەشە لە موناففقان دەکات‌و دەفەرموێ:

(٧٨) ئایا ئەوان نازانن‌و دڵنیانین کە بێگومان ألله ئاگای لە شتەشاراوەکانی ناو دڵیان‌و چپەکانیانەو بێگومان کە ألله زانەری هەمو شتە شاراوەکانەو هیچ شتێك لەو حەشارنادرێت، ئینجا خوای گەورە باسی سیفەتێکی تری ئەو موناففقانە دەکات‌و دەفەرموێ:

(٧٩) ئەوکەسانەی کە گاڵتەیان ئەکرد بەو موسڵمانانەی کەلە خۆیانەوە چاکەیان ئەکرد ئەگەر زۆریان ببەخشایە ئەیان وت: ئەوانە ریابازن‌و بۆ خۆهەڵنان لەبەرچاوی خەڵك ئەوەندە شت دەبەخشن‌و ئەو کەسانەی کە هیچیان دەست نەدەکەوت مەگەر خۆیان نەبێت ئیشێکیان بکردایە جا ئیتر هەرچییان دەر بهێنایە ئەیانهێنایە خزمەتی پێغەمبەرﷺ جا ئەوان گاڵتەیان پێ دەکردن ئەیان وت: ئەو شتە کەمە چیەوخوا چ نیازێکی بەوە هەیە، واتە هیچ ئیشێکی موسڵمانیان بەچاك دانەدەنا؟!

رَضُوا۟ بِأَن يَكُونُوا۟ مَعَ ٱلْخَوَالِفِ وَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ
لَا يَفْقَهُونَ ﴿٨٧﴾ لَٰكِنِ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ
جَٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْخَيْرَٰتُ ۖ
وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨٨﴾ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى
مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٨٩﴾ وَجَآءَ
ٱلْمُعَذِّرُونَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ لِيُؤْذَنَ لَهُمْ وَقَعَدَ ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟
ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ
﴿٩٠﴾ لَّيْسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ وَلَا عَلَى ٱلْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ
لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا۟ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۚ
مَا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ مِن سَبِيلٍ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩١﴾
وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لَآ أَجِدُ
مَآ أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّوا۟ وَّأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمْعِ
حَزَنًا أَلَّا يَجِدُوا۟ مَا يُنفِقُونَ ﴿٩٢﴾ ۞ إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى
ٱلَّذِينَ يَسْتَـْٔذِنُونَكَ وَهُمْ أَغْنِيَآءُ ۚ رَضُوا۟ بِأَن يَكُونُوا۟
مَعَ ٱلْخَوَالِفِ وَطَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٩٣﴾

جا بەهۆی ئەو هەمو رەفتارو قسە ناشرینانەوە خوای گەورە توڕەبو لێیانو فەرموی: الله گاڵتە بەوان دەكاتو بەكەمیان دەزانێت، وەبۆ ئەوان هەیە سزایەكی دەردناك، ئینجا دەفەرموێ:

(٨٠) ئەگەر تۆ داوای لێ خۆشبونیان بۆ بكەیت یان نەیكەیت ئەی محمد یەكسانە لای ئێمە، ئەگەر تۆ حەفتا جاریش داوای لێ خۆشبونیان بۆ بكەیت دڵنیابە كە خوا لێیان خۆش نابێت. بۆچی خوا لێیان خۆش نابێت؟ چونكە ئەوان بێ باوەڕبوون بەخواو پێغەمبەرەكەیﷺ وخودا یش كۆمەڵی فاسقان ناخاتە سەر رێگای راستو رێنماییان ناكات.لەفەرمودەدا هاتوە كەكاتێ عەبولاّی كوڕی ئوبەی مرد عەبدولاّی كوڕی هاتە خزمەتی پێغەمبەری خواﷺ كە كراسەكەی خۆی بداتێ كەبیكات بەكفنی باوكی جا ئەویش كراسەكەی پێدا وئینجا داوای لێكرد كە نوێژی لەسەر بكات جا پێغە مبەر هەستا كە نوێژی لەسەر بكات ئەوساعومەر هەستاولیباسی پێغەمبەری خوایﷺ گرتو وتی: ئایا نوێژدەكەی لەسەری كە خوا رێی پێ نەداوی كە نوێژی لەسەر بكەیت؟!پێغەمبەری خواﷺ فەرموی:{ إِنَّمَا خَيَّرَنِي اللَّهُ فَقَالَ اسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِنْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً وَسَأَزِيدُ عَلَى سَبْعِينَ قَالَ إِنَّهُ مُنَافِقٌ فَصَلَّى عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ وَلَا تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِنْهُمْ مَاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَى قَبْرِهِ . وَزَادَ فى رواية فَتَرَكَ الصَّلَاةَ عَلَيْهِمْ/ متفق عليه/ الله منی سەر پشك كردوە كەفەرمویەتی: داوای لێ خۆشبونیان بۆ بكەیت یان نەیكەیت ئەگەر حەفتا جاریش داوای لێ خۆشبونیان بۆبكەیتومن لە حەفتایش زیاتری دەكەم.عومەر وتی: ئەوە موناففە، جا پێغەمبەرﷺ نوێژی لەسەركردو الله ی بەدەسەلاّتو گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ ۖ إِنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٨٤﴾ ﴾/ التوبة: ٨٤ / لەریوایەتی ترداهاتوەو ئەمەی لێ زیادكردوە جائیتر نوێژی لەسەر نەكرد. ئەڵێن عومەر"خوا لێی رازی بێت" لەپاش وەفاتی پێغەمبەرﷺ نوێژی نەدەكرد لەسەر هیچ جەنازەیەك تا چاوی بە حوزەیفەی یەمان نەكەوتایە كە نوێژی لەسەر دەكات چونكە حوزەیفە تەواوی موناففانی دەناسیو پێغەمبەرﷺ بەوی فەرموبو بۆیە بە حوزەیفە دەوترا (صاحب السر/خاوەنی نهێنی). ئینجا خوای داناو ئاگادار لە هەمو شتێك، سەركۆنەی ئەو موناففانە دەكات كەلە جەنگی تەبوك دا لەگەڵ پێغەمبەرداﷺ دەرنەچوونو دەفەرموێ:

(٨١) دواكەوتوەكان شادمانن بەدانیشتنیان لەماڵداو نەرۆیشتنیان لەگەڵ پێغەمبەرداﷺ وپێیان ناخۆش بو جیهاد بكەن بەماڵو گیانیان لە رێگای الله داودەیان وت: دەرمەچن لەم كاتە گەرمەدا كەهاوینە، ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: ئاگری دۆزەخ زۆر زۆر گەرمترە لەو گەرمیەی كە ئەوان لێی دەترسن ئەگەر ئەوان ئەهلی دەرك بونایە بەڵام چونكە نەزان بوون ئەو گەرمای هاوینەیان لەلا لە هەمووشت سەخت تربو، ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەرەوەﷺ هێناویەتی كە فەرمویەتی:{ إِنَّ نَارَكُمْ هَذِهِ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ وَضُرِبَتْ بِالْبَحْرِ مَرَّتَيْنِ وَلَوْلَا ذَلِكَ مَا جَعَلَ اللَّهُ فِيهَا مَنْفَعَةً لِأَحَدٍ /امام احمد: صحیح/ بەراستی ئەم ئاگرەتان بەشێكە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخو دوجاریش دراوە لەدەریا، وەئەگەر وای لێ نەكرایە خوا هیچ سودێكی بۆكەس دانەدەنا لەو ئاگرە}

كەوابو ئاگری دۆزەخ زۆرزۆر گەرمترە لەگەرمای هاوینی عەربستان، جا ئەگەر زاناو ژیر بونایە دەچون بۆ ئەو جەنگە لەو كاتە گەرمەدا تالەو ئاگرە زۆرزۆر گەرمەی قیامەت رزگاریان ببوایە بەراستی ئەوان وەكو ئەوكەسەیان كردوە كەلە

ترسی بەردی گەرم خۆی فڕەبداتە ناو ئاگر، ئینجا زیاتر هەڕەشە لەو موناففقانەو وێنەکانیان دەکاتو دەفەرموێ:

(٨٢) باکەمێ لەم دنیادا پێ بکەنن بەو ئیشە ناپەسەندەی خۆیانو ڕابوێرن، جا کاتێ لەدنیادا دەرچون دەی ئیتر بادەست بکەن بە گریانو شیوەنو هەر نەیبڕنەوە، بەڵێ ئەبێ بەزۆری بگرین چونکە هیچ چاکەیەکی وایان نەکردوە کەلە پاش مەرگ بگاتە فریایان کە ئەمەش تۆڵەی خۆیانە بەهۆی ئەو ئیشە خراپانەی کە کردویانن، ئینجا خوای گەورە بە رونترین شێوە بێزاری خۆی لەو موناففقانە دەر دەبڕێتو دەفەرموێ:

(٨٣) ئەی محمد ئەگەر تۆ گەڕایتەوە بۆ مەدینەو بۆلای کۆمەڵێ لەو موناففقانەو جارێکی تر دەرچویت بۆ جەنگو جیهاد ئەوان داوا دەکەن لە تۆ کە ماوەیان بدەیت بۆ دەرچون بۆ جیهاد جا تۆش پێیان بڵێ: ئیتر هەرگیز نابێ لەگەڵ مندا دەربچن بۆ جیهادو هەرگیز نابێ لەگەڵ مندا دژی هیچ دوژمنێك جەنگ بکەن، چونکە بەبێگومان ئێوە یەکەم جارڕازی بوون بەدانیشتنو بە گوێی منتان نەکردو دەرنەچون بۆ جیهاد سا ئێستاش دانیشن لەگەڵ منداڵو پیرو پەك کەوتوو ژناندا، دیسان خوای گەورە بە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ:

(٨٤) هەرگیز نوێژی مردوو نەکەیت لەسەر هیچ کەس لەوان کە مردنو نەچیتە سەر گۆڕەکەیشی واتە بەهیچ شێوەیەك ئیشێك نەکەیت کەمانای ڕێزو نرخی تێدا بێ بۆ ئەو موناففقانە، بۆ؟ چونکە بەبێشك کەئەوان بێ باوەڕبون بەخواو بەپێغەمبەرەکەیﷺ وەئەوانە گیاندەرچونیان لەحاڵێکدا بوە کە لە سنوری ئایینی خوا دەرچون.

(٨٥) جا بازۆری ماڵو منالی ئەو کافرانە وات لێ نەکات کە سەرت سوڕبمێنێو بە شتێکی گرنگی بزانی ئارەزۆی خوا لەسەر ئەو سەروەتو سامانو منالْ پێدانەی کافران بێجگەلەوەی کەئەیەوێ بەو ماڵو منالە سزایان بدات لەدنیاداو گیانیان دەربچێت بەبێ باوەڕیو کافری شتێکی ترنیە. جا بۆسوودی زیاتربگەڕێرەوە بۆمانای ئایەتی پەنجاوپێنج، ئینجا خوا دیسان ئەگەڕێتەوە سەر لۆمەو سەرزەنشتی موناففقانو دەفەرموێ:

(٨٦) هەرکاتێك سورەتێك ڕەوانە بکرایەو بیفەرموایە باوەڕ بهێنن بەخواو لەگەڵ پێغەمبەرکەیدا دەرچن بۆ جیهاد ئەوانەی کەدەسەڵات داربوون داوایان دەکرد لە تۆ ئەی محمدﷺ کە ماوەیان پێ بدەیتو دەرنەچن بۆ جیهادو دەیان وت: وازمان

يَعۡتَذِرُونَ إِلَيۡكُمۡ إِذَا رَجَعۡتُمۡ إِلَيۡهِمۡۚ قُل لَّا تَعۡتَذِرُواْ لَن
نُّؤۡمِنَ لَكُمۡ قَدۡ نَبَّأَنَا ٱللَّهُ مِنۡ أَخۡبَارِكُمۡۚ وَسَيَرَى
ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ
وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٩٤﴾ سَيَحۡلِفُونَ
بِٱللَّهِ لَكُمۡ إِذَا ٱنقَلَبۡتُمۡ إِلَيۡهِمۡ لِتُعۡرِضُواْ عَنۡهُمۡۖ فَأَعۡرِضُواْ
عَنۡهُمۡۖ إِنَّهُمۡ رِجۡسٞۖ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ
يَكۡسِبُونَ ﴿٩٥﴾ يَحۡلِفُونَ لَكُمۡ لِتَرۡضَوۡاْ عَنۡهُمۡۖ فَإِن
تَرۡضَوۡاْ عَنۡهُمۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَرۡضَىٰ عَنِ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ
﴿٩٦﴾ ٱلۡأَعۡرَابُ أَشَدُّ كُفۡرٗا وَنِفَاقٗا وَأَجۡدَرُ أَلَّا يَعۡلَمُواْ
حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴿٩٧﴾ وَمِنَ
ٱلۡأَعۡرَابِ مَن يَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ مَغۡرَمٗا وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ ٱلدَّوَآئِرَۚ
عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿٩٨﴾ وَمِنَ
ٱلۡأَعۡرَابِ مَن يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَيَتَّخِذُ
مَا يُنفِقُ قُرُبَٰتٍ عِندَ ٱللَّهِ وَصَلَوَٰتِ ٱلرَّسُولِۚ أَلَآ إِنَّهَا قُرۡبَةٞ
لَّهُمۡۚ سَيُدۡخِلُهُمُ ٱللَّهُ فِي رَحۡمَتِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٩٩﴾

لێ بهێنە با لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە دانیشتون دابنیشین، خوایش دەفەرموێ:

(٨٧) ئەوان رازی بوون کە لەگەڵ ئافرەتاندا دابنیشنونەچن بۆ غەزاو وەك خێزانەکانی خۆیان لە ماڵەوە بمێننەوە، وەلەحاڵێکدا کەمۆر نرابوو بەسەر دڵیانداو ئێستاش ئەوان دەرکی هیچ ناکەن. وشەی (ٱلۡخَوَالِفِ) کۆی(خَالِفَة)یە واتە ئافرەتانی دانیشتو، بەڵێ ئەمان لەبیرو باوەڕەکەیاندا ڕاستیان نەکردوەو تەنها بۆ فێڵ کردن لە باوەڕدارانو پاراستنی گیانو ماڵیان ئەو ئیشە بەرواڵتە ئیسلامیانەیان ئەنجام داوە، ئینجا خوا سەبارەت بە پێغەمبەر ﷺو خاوەن باوەڕان دەفەرموێ:

(٨٨) بەڵام پێغەمبەرﷺ و ئەو کەسانەی باوەڕیان هێنابو لەگەڵ ئەودا جیهادیان دەکرد بەماڵو گیانیانو لە هیچ کۆسپێك سڵیان نەدەکردو بۆ ئەوانە هەیە هەمو چاکەیەك و هەرئەوانەن کە خۆشبەختو رزگارن.

(٨٩) سەرەڕای ئەوەش خوای گەورە ئامادەی کردوە بۆ ئەوان چەندین باخچە کە بە ژێریاندا چەندین جۆگا دەڕواتو بۆ هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە بەراستی ئەوەیە بەهرەو

خۆشبەختی گەورە، جارێکی تر درۆزنیو ناپاکی ئەو موونافقانە باس دەکاتەوەو دەفەرموێ:

٩٠ کاتێك کە پێغەمبەرﷺ ئامادەی ڕۆیشتن بو بۆ "تەبووك" ئەوانەی کە بیانویەکی شەرعییان هەبوو لە نەچون بۆ غەزا هاتنە خزمەت پێغەمبەرﷺ تاماوەیان پێ بدات کەنەچن بۆ جیهاد، وەئەوانەی کە درۆیان کرد لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەی ﷺدا بەباوەڕهێنانی ڕواڵەتی، دانیشتنو نەهاتنە خزمەتی پێغەمبەریش، جا خوا هەڕەشە لەوکەسانە دەکاتو دەفەرموێ: بەم زووانە ئەوانەی کەلەوان بێ باوەڕبوون دوچاری سزایەکی سەخت دەبن، ئینجا خوا سەبارەت بەو کەسانەی کەبەراستی توانایان نەبو بچن بۆ جیهاد دەفەرموێ:

٩١ لەسەر مرۆڤە لاوازو پەك کەوتوەکانو لەسەر ئەوکەسانەی کە نەخۆشنو لەسەر ئەوکەسانەی کە هیچیان نیە کە بیبەخشن هیچ تاوانێك نیە بەومەرجەی کە ڕاست بکەن لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەیداﷺ و پەیڕەوی فرمانەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ بکەن جا ئەوانەی کە ئاوابن ئەوانە چاکەکارنو لەسەر ئەو چاکەکارانەیش هیچ تاوانێك نیەو بۆئەو دواکەوتنەیانو سەرزەنشت ناکرێنو ألله زۆر لێ خۆشبوو زۆربە سۆزەو لە تاوانی چاکەکاران چاوپۆشی دەکاتو بەزەیی دێتەوەپێیاندا. هەروەها دەفەرموێ:

٩٢ ئەوسا هیچ تاوانێکیش نیەلەسەر ئەوکەسانەش کەهاتنەلای تۆو ئامادەی دەرچون ببونو وتیان وڵاخی سواریمان پێ بدەو تۆ وتت هیچم نییە کە ئێوەی پێ هەڵگرمو ئەوانیش گەڕانەوە لەحاڵێکدا کە چاوەکانیان فرمێسکی پێدا دەهاتە خوارەوە لە خەمی ئەوەی کە هیچیان نەبو کە بیبەخشن.

٩٣ بەڵکو گوناهو تاوان لەسەر ئەوانە دەنوسرێت کەداوای ئیزن لە تۆ دەکەن لەهەلو مەرجێکدا کەئەوان دەوڵەمەندن و دەسەڵاتی ئەوسەفەرەیان هەیە بەڵام ڕازین لەگەڵ ئافرەتاندا لەماڵەوە بمێننەوەو جیهاد نەکەن، جا بەوهۆیەوە ألله مۆری نا بەسەر دڵەکانیاندا جائەوان بەخۆیان نازانن. ئینجا خوای باڵادەست نارەزای خۆی سەبارەت بەم جۆرە مرۆڤانە نیشان دەداتو دەفەرموێ:

٩٤ ئەمانە هەرکاتێك گەڕایتەوە لایان بەهانەتان بۆ دەهێننەوە تا چاو پۆشیان لێ بکەیتو دوعای خێریان بۆ بکەیت تالە ناو موسڵماناندا سەرشۆڕ نەبن، بەڵام نابێ ئێوە بەقسەی ئەوان باوەڕبکەن بەڵکو پێویستە بەچاکی تەریقیان بکەیتەوەوبڵێ: بەهانە مەهێننەوە، چونکە هەرگیز باوەڕتان پێ ناکەین، بۆ؟ چونکە خوای گەورە هەواڵی ئێوەی پێداوین کە ناراستو درۆزنن، وەبەم زووانە خوای گەورە تەماشای کردارەکانی ئێوە دەکات چونکە کردار ئاشکراکەری ڕاستیو ناراستی مرۆڤە هەروەها پێغەمبەرکەیشیﷺ لە پاش دا ئێوە ئەگەڕێنرێنەوە بۆلای ئەوزاتەی کە زانەری پەنامەکیو ئاشکرایە وەکویەك، جا پاداشی کردارو هەڵوێستەکانتان بەهۆی ئەو شتە پیسانەوە کە دەیکەن پێ دەدات، دیسان خوا درێژە بەرۆشنکردنەوەی رەوشتی دووڕو موونافقەکان دەداتو دەفەرموێ:

٩٥ ئەمانە لەمەولا سوێند دەخۆن بۆتان کاتێك کە گەڕانەوە بۆلایان، بۆ؟ بۆئەوەی کە ئێوە وازیان لێ بهێننو لۆمەیان نەکەن دەی ئێوەش پشتیان تێبکەنو بەبێشك ئەوان پیسن و شوێنی ئەوان دۆزەخەو ئەمەش تۆڵەیەکە بەهۆی ئەو ئیشە خراپانەوەیە کە دەیانکرد.

٩٦ ئەوان سوێندتان بۆدەخۆن تا ئێوە ڕازی بن لێیان جابەراستی ئەگەر ئێوەش ئەی موسڵمانان لێیان ڕازی ببن ئەوان هیچ سودێکیان دەست ناکەوێت، بۆ؟ چونکە بەبێگومان الله ڕازی نابێت لەو گەلە فاسقانە. لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت کە موونافقان دۆزینەوەیان سەختەو چاك وایە هەربەهانەیەك باسکرا بۆ خۆدزینەوە لە دەرچون بۆ جیهاد وەرگیرێتو سزایان بدرێتە دەست خوا لە پاشە ڕۆژداو با بە چاکیش بزانن کەلە دەست خوا دەرناچن، ئینجا خوا عەرەبە دەشتەکیەکانی کردوە بەسێ بەشەوە سەبارەت بەبەشی یەکەمیان دەفەرموێ:

٩٧ هەندێك لەو عەرەبە دەشتەکیانە زۆرزۆر توندن لە سەر کوفرو موونافقی، جالەبەر ئەو دوو ڕەوشتە ناپەسەندەیان ئەوان شایستەترن کەتێ نەگەنو حاڵی نەبن لەو سنورانەی کە ألله رەوانەی کردوەتە سەر پێغەمبەرەکەیﷺ وە ألله زانایەو ئاگای لە دڵو دەرونی هەمو مرۆڤێك هەیەو دانایەو هەموو کارو بارەکانی لە جێگای خۆیدایە. جالە بارەی بەشی دوهەمیانەوە دەفەرموێ:

٩٨ جاهەندێکی تر لەو دەشتەکیانە کەسانێکن کە ئەوەی دەیبەخشن بەجەریمەی دەزاننو ئەگەر ناچار نەبن هیچ شتێك نابەخشنو چاوەڕوانی ڕۆژانی ڕەشن بۆتان تا تۆڵەی خۆیان

وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ
ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ وَأَعَدَّ
لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا
ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٠٠﴾ وَمِمَّنْ حَوْلَكُم مِّنَ ٱلْأَعْرَابِ
مُنَٰفِقُونَ ۖ وَمِنْ أَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ ۖ مَرَدُوا۟ عَلَى ٱلنِّفَاقِ لَا تَعْلَمُهُمْ ۖ
نَحْنُ نَعْلَمُهُمْ ۚ سَنُعَذِّبُهُم مَّرَّتَيْنِ ثُمَّ يُرَدُّونَ إِلَىٰ عَذَابٍ
عَظِيمٍ ﴿١٠١﴾ وَءَاخَرُونَ ٱعْتَرَفُوا۟ بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُوا۟ عَمَلًا صَٰلِحًا
وَءَاخَرَ سَيِّئًا عَسَى ٱللَّهُ أَن يَتُوبَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٠٢﴾
خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ ۖ
إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٠٣﴾ أَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟
أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَأْخُذُ ٱلصَّدَقَٰتِ وَأَنَّ
ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٤﴾ وَقُلِ ٱعْمَلُوا۟ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ
وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۖ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٠٥﴾ وَءَاخَرُونَ مُرْجَوْنَ لِأَمْرِ
ٱللَّهِ إِمَّا يُعَذِّبُهُمْ وَإِمَّا يَتُوبُ عَلَيْهِمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠٦﴾

وەرگرنەوە، جا خوا دڵنەوایی موسڵمانان دەکاتو بەردی گەرم دەدات بە ناسۆری ئەو جۆرە بێ باوەڕانەداو دەفەرموێ: بابزانن هەمیشە رۆژانی رەش هەر بەسەر ئەواندا دەسوڕێتەوەو ألله بیسەری هەمو قسەو بڕیاریانەو زانەری هەمو هەڵسو کەوتیانە. ئەم دوو بەشەی دەشتەکییەکان زۆر خراپو ناپەسەندنو هەمیشە ئەبێ چاوەڕوانی سزاو رۆژی رەش بکەن بۆ خۆیان، بەڵام بەبەشی سێهەمیان دەفەرموێ:

﴿٩٩﴾ ئەوسا بەشێکی تر لەو عەرەبە دەشتەکیانە باوەڕ بەخواو بە رۆژی دوایی دەهێنێو ئەوەی کە دەیبەخشێت دەیکات بەهۆی نزیك بوونەوە لە خواو دوعاو نزای پێغەمبەرەکەیﷺ چونکە ئەو دوعاو نزایە بوەتە هۆی دڵخۆشیو ئارام گرتنیان، جا ألله دەفەرموێ: ئاگاداربن بەراستی ئەو ماڵەی کە دەیبەخشن ئەبێتە هۆی نزیکیان لە خواوە کە بەم زووانەش خوا دەیان خاتە ناو رەحمەتی خۆیو پاداشتی ئەونیەتو کردارە جوانانەیان پێ دەداتەوە کە بە بێگومان الله زۆر لێ خۆشبوە لەتاوانو زۆر بەبەزەییو بەسۆزە. دەڵێن: کۆمەڵێك لەو عەرەبە دەشتەکیانە هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و وتیان: ئایە ئێوە منداڵتان ماچ دەکەن؟ وتیان بەڵێ. ئەوانیش وتیان: بەخوا ئێمە ماچیان ناکەین، پێغەمبەریشﷺ فەرموی:{ أوَآَمْلِكُ إِن كَانَ اللّٰهُ نَزَعَ مِنكُمُ الرَّحمَةَ؟!/متفق عليه / ئایا من دەسڵاتم چیەچی کە خوا رەحمو بەزەیی لە ناو دڵی ئێوەدا لابردوە؟} واتە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو جۆرە هەڵوێستەی ئەوانی بەخراپ دانا، چونکە بەزەییو میهرەبانی دوو سیفەتی گەورەی خودان ئەوەتە بەندە هەرچەندە تاوانو خراپە بکات مادام پەشیمان ببێتەوە خوا چاو پۆشی لێ دەکات چونکە خاوەنی سۆزو میهرەبانیە. ئینجا هەروەکو عەرەبە دەشتەکییەکان کران بەسێ بەشەوەو پێ ناسەکران خوا خەڵکی باوەڕداریشی کردوە بە سێ بەشەوەو بێجگە لەو سێ بەشە کەسی تر بە باوەڕدار دانانرێت هەرچەند لاڤ بیر باوەڕو خواناسی لێ بدات، ئەو سێ بەشەش ئەمانەن کە ألله دەفەرموێ:

﴿١٠٠﴾ ئەوسا ئەوانەی کەلە پێشەوە باوەڕیان هێناوە لە کۆچەریو یارمەتی دەر، کۆچەری ئەو موسڵمانانە بوون کە بە فرمانی پێغەمبەرمانﷺ کۆچیان کرد بۆ مەدینەو یارمەتی دەریش ئەوانەی مەدینەبوون کە بوون بە پاڵپشتو یارمەتی دەری پێغەمبەروﷺ کۆچەرییەکان، کە ئەم دووانە بەگشتی بەرزترینو بەوەفاترین باوەڕدارن لە سەر زەویداو باوەڕداری

تر نیە لەم ئوممەتەی پێغەمبەردا ﷺ لەودووانە بەرێزتروچاکتر بێتو هەرئەو دووانەش بوون کە بوون بەیەکەم بەردی بناغەی ئایینی پاکی ئیسلامو،ئەگەر ئەوان نەبونایە ئەم ئیسلامە نەدەگەیشتە ئێمە جاپێویستەو ئەرکی سەرشانی هەموو باوەڕدارێکی راستەقینەیە، کە رێزیان لێ بگرێت بۆیە خوای گەورە تاقمی سێهەم بەم شێوە باس دەکاتو دەفەرموێ: وەئەوکەسانەی کە تابیعی ئەوانن بە چاکە کە ألله لە وان رازییەو ئەوانیش رازیین لەفرمانویاساکانی ئەوزاتەو لەو نیعمەتانەی کە پێی داوونو ئامادەی کردوە بۆیان، چەندین باخچە کە چەندین جۆگایان بەناودا دەڕواتو بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوەو هەرگیز لە ناویدا دەرناچن جابەراستی ئەوەیە بەهرەی زۆر گەورە. لەم ئایەتەوە دەر دەکەوێت کەهەرکەسێك دژایەتی یارەکانی پێغەمبەرﷺ بکات بەر رقو غەزەبی خوا دەکەوێت چونکەدژایەتی راستەوخۆی سەرچاوەی ئیسلامە جاوای بەحاڵی شیعە کە دژایەتی چاکترینو بەرێزترین یارەکانی پێغەمبەرﷺ دەکەنو ئاشکرایشە ئەوان بەر هیچکام لەو سێ کۆمەڵە ناکەون کە خوا رازییە لێیان چونکە نەکۆچەرینو نەیارمەتی دەرنو نەپەیڕەوی کەری ئەوانیشن بە چاکە.

ئینجا خوای گەورە بۆ وریا بوونەوەی خاوەن باوەڕان‌و ئاگاداربوونیان لە فێڵ‌و تەڵەکەی بێ باوەڕو دووڕووەکان، ڕوودەکاتەوە باوەڕداران‌و دەفەرموێ:

(١٠١) جا هەندێك لەوانەی کەلە چواردەوری شاری مەدینەدان لەعەرەبە دەشتەکییەکان مونافقن، بیان ناسن‌و ئاگاداری فڕو فێڵیان بن‌و هەندێکیش لە خەڵکی مەدینە وەکو عەبدوڵای کوڕ ی ئوبەی کە بە مونافقیەوە خوییان گرتوە کە تۆ نایان ناسی ئەی محمدﷺ ئێمە دەیان ناسین کەبەم زوانە دووجار گرفتاری سزایان دەکەین دەگونجێ هەر بەمانای دووجار بێ‌و مەبەست سزای دنیاو قیامەت بێ‌و دەشگونجێ کەمەبەست دووبارە بوونەوەی سزابێ بۆ جار لە دوای جار هەرلە دنیادا وەك سوك تەماشاکردنیان‌و ئاشکرابوونی ناراستیان‌و ناساندنیان بە پێغەمبەرﷺ و ڕوخاندنی بەناو مزگەوتەکەیان‌و دەیان شەرمەندەیی تریان هەر لە دنیادا،

ئینجا اللە دەفەرموێ: لەپاشا بەرەو سزایەکی گەورە دەبرێنەوە کە سزای قیامەتەو سەختی‌و ناخۆشی‌و تاڵی ئەوسزایە مەگەر هەرخوا خۆی بزانێت، جا پاش ئەوەی خوا باسی مونافقانی بۆ کردین خوا باسی ئەو باوەڕدارانە دەکات کەبە هۆی تەمەڵییەوە نەچون بۆ جیهادو دانیان بە تاوانی خۆیاندا ناوەو دەفەرموێ:

(١٠٢) خۆ هەندێکی تر هەن کە دانیان ناوە بەتاوانەکانی خۆیانداو ئیشی چاك‌و خراپیان تێکەڵاو کردوەو پەشیمانن لە تاوانەکانیان بۆ ئەمانە وا چاوەڕێ دەکرێت کە خوا پەشیمان بوونەوەکەیان لێ وەرگرێت بێگومان کە اللە زۆرلێ خۆش بوو بەسۆزە بۆ بەندەکانی. بەڵێ باوەڕدارانی ڕاستەقینە ئەگەر شەیتان‌و نەفس بیانخەڵەتێنێت‌و تاوانێك بکەن زووبیر دەکەنەوەو پەشیمان دەبنەوە، خوایش بە لوتفی خۆی چاو پۆشیان لێ دەکات، ئینجا دەفەرموێ:

(١٠٣) زەکات‌و خێرو چاکەیان لێ وەربگرە، چونکە ئەو زەکات وەر گرتنە لەوان دەبێ بەهۆی ئەوە کە پاکیان بکاتەوە لە تاوان‌و خراپەو بەوزەکاتە خەیرو چاکەو تەلاشی چاکیان زیاتر بکات، وە دوعای خەیریان بۆ بکە چونکە بە بێگومان ئەو دوعایەی تۆ دڵیان خۆش دەکات‌و ئارامییان پێ دەدات، وەخوا بیسەرو زانایە بە وتارو کردارتان. ئینجا خوا دەفەرموێ:

(١٠٤) ئایا نازانن کە خوا تۆبە لە بەندەکانی خۆی وەردەگرێت ئەگەر بەڕاستی تۆبە بکەن‌و بگەڕێنەوە بۆلای؟ وە زەکات‌و خێر وەردەگرێ لەگەڵ ئەوەیشدا کە خوا نیازی بە هیچ شت‌و هیچ کەس نییە بەڵکو بنیادەم موحتاج‌و نیازمەندە بەخواو هەرچی چاکە بکات بۆ خۆیەتی چونکەچەندین بەرانبەر خوا پاداشتی ئەداتەوە، وە بێگومان کە اللە هەرخۆیەتی زۆر تۆبە وەرگرەو زۆربەرحمەو بەسۆزە واتە تەوبە وەرگرتن‌و بەزەیی هاتنەوە بەخەڵك دوو سیفەتی خودان‌و لێی جیانابنەوە بەڕاستی مایەی هیواو ئومێدی بەندەی خودان چونکە خوای میهرەبان‌و بەسۆز لە تۆبەکردنی بەندەی خۆی بێزار نابێ ئەگەر لە ڕۆژێکدا سەدان جارتۆبەبکات، ئینجا خوا ئەفەرموێ:

(١٠٥) ئەی محمد پێیان بڵێ: ئیش بکەن بەو زوانە خوای گەورە کردەوەکانتان دەردەخات‌و پێغەمبەرەکەیﷺ و خاوەن باوەڕان ئاگادار دەکاتەوە لەسەر کردارەکانتان‌و بەم زوانە دەبرێنەوە بۆلای ئەو کەسەی کەزانەری هەمو نهێنی‌و ئاشکراکانەو هیچی لەلا ون نابێ، جا ئەو کاتە هەواڵتان پێ دەدات بەو قسەو کارو تەلاشەی کەکردوتانە چاك‌و خراپ جا ئەگەر چاکبێ پاداشتەکەی بەهەشتەو ئەگەر خراپبێ پاداشتەکەی دۆزەخە ئەگەر خوا چاو پۆشیان لێ نەکات، ئینجا خوا باسی ئەو چەند کەسە دەکات کەلە غەزای تەبووك دواکەوتن‌و هیچ بەهانەیەکی ڕاستیان نەبوو کاتی گەڕانەوەی پێغەمبەریشﷺ هیچ درۆیەکیان نەکردو ڕاستیان بە پێغەمبەرﷺ وت‌و دەفەرموێ:

(١٠٦) جا هەندێکی تر دوا خران تا فرمانی خوا بێت‌و وەزعیان ڕۆشن بکاتەوە جا یان خوا سزایان دەدات، وەیان تۆبەیان لێ وەردەگرێت‌و بەڕاستی خوا زانایەو ئاگادارە بە هەمو نیەت‌و قسەو ئیش‌و کرداری بەندەکانی، دانایەو هەمو بڕیارەکانی لە جێگای خۆیدان، ئەگەر بەندەکانی ببەخشێت لەفەزڵ و کەرەمی خۆیەتی‌و ئەگەر سزایشیان بدات لەدادپەروەری‌و دادگەرییەتی.

بەڵێ هەمیشە پیاوانی خراپ‌و مونافق‌و بێ باوەڕ لە پیلان‌و نەخشەکێشان لەدژی ئایین‌و پەیڕەوانی کۆتاییان نەکردوەو نایکەن ئەوەتە لەسەردەمی پێغەمبەرﷺ لە شاری مەدینەدا کۆمەڵێك مونافق بەفرمانی (ئەبو عامری فاسق)بەناو مزگەوتەوە خانویەکیان دروستکرد لە نزیك مزگەوتی (قوبا)وە تا بتوانن کەم کەم لەو شوێنەدا کۆببنەوەو نەخشەو پیلانی خۆیان دژی پێغەمبەرﷺ ئەنجام بدەن، ئەویش بەم شێوەیە بو، پێش ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ بچێتە مەدینە پیاوێکی خەزرەجی تێدابو پێیان دەوت (ئەبو عامری ڕاهیب)ئەمە لە سەردەمی نەفامیدا، چوبوەسەرئاینی مەسیحی‌و علمی ئەهلی کیتابی خوێندبو لەوسەردەمەدا بەندایەتی دەکردو پلەو

ڕێزێکی گەورەی هەبو لەناو خەزرەجیەکاندا، کاتێ کەپێغەمبەرﷺ کۆچی کرد بۆمەدینەو موسڵمانان لە چواردەوری کۆبونەوەو ناوی ئیسلام بەرزبویەوەو خوا لە بەدردا سەری خستن، ئەم (ئەبو عامر)ە زۆر خەفەتی خواردو دوژمنایەتی خۆی دەربڕیو کەوتە دژایەتیو ڕای کرد چوبۆ ناو کافرو موشریکەکانی مەکەو هەڵینان لەسەر شەڕکردن لە دژی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوانیش لەگەڵ ئەو عەرەبانەی کە هاو باوەڕیان بوون لەدەوروبەری "مەکە" یەکیان گرتو هاتن بۆ جەنگی "ئوحود" جەنگی ئوحودیش ئەوەبو کە ألله باوەڕدارانی تاقی کردەوەو سەرئەنجام هەربۆ پەرهیزکارانە، وەئەم فاسقەیش لە نێوان هەردوو ڕیزەکەدا چەندین چاڵی هەڵکەند کە پێغەمبەرﷺ کەوتە ناو یەکێکیانو لەورۆژەیشدا بریندارکراو دانە چوارینەکەی خواروی لای ڕاستی شکاو سەری پیرۆزی شکا ئەم فاسقەیش بەدەست پێ کردنی جەنگەکە خۆی گەیاندە خزمە خەزرەجیەکانیو قسەو گفتوگۆیەکی زۆری لەگەڵدا کردنو داوای لێ کردن کە یارمەتی بدەن دژی پێغەمبەرﷺ ئەوانیش کەبە مەبەستی پیسی ئەمیان زانی وتیان:خوا هەرگیز ئەو ڕۆژەت پێ نەدات ئەی فاسق ئەی دوژمنی ألله.

وەزۆر قسەی خراپیان پێوت جا بە سەر شۆڕی گەڕایەوەو لەبەر خۆیەوە دەیوت: بەخوا ئەم خزمانەم پاش من زۆر خراپ بوون. بەڵێ پێغەمبەرمانﷺ پێش ئەوەی رابکات بۆ مەکە بانگی کرد بۆ ڕێگای خواو هەندێ لەقورئانی خوێند بۆی بەڵام ئەو موسڵمان نەبوو پێغەمبەریشﷺ دوعای لێ کرد کە بە شێوەیەکی دوور لە خزمو دەرکراو بمرێت. وەئەم دوعایەش قبوڵ بو. جا پاش جەنگی ئوحود دی کە ئیشی پێغەمبەرﷺ ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو چاکترو پەرەسەندن دەڕوات چوبۆلای (هیرقل)ی پاشای ڕۆمو داوای یارمەتی لێ کرد دژی پێغەمبەرﷺ ئەویش بەڵێنی پێداو خستیە تەماعەوە ئەویش لەوێ مایەوەو هەواڵی نارد بۆکۆمەڵێك لەناو موسڵمانە کۆچەرییەکان کە موناف‌قو دو دڵ بوون سەبارەت بەئایینی ئیسلامو بەڵێنی پێدانو تەماداری کردن کە بەم زوانە جەیشێك دێنێتە سەر پێغەمبەرﷺ و سەردەکەوێت بەسەریداو کۆتای پێ دەهێنن؟! فرمانی پێدان کە جێگایەك دروست بکەن کەببێتە بنکە بۆ ئەوکەسانەی کەلای ئەوەوە ڕەوانە دەکرێن بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیارو فرمانەکانی تاکە جێگایەك بێ بۆ خۆیو هەرکاتێ خۆی هاتە لایان ئەوانیش لە نزیك مزگەوتی قوبادا دەستیان کرد بەدروست کردنی مزگەوتێكو پێش دەرچونی

وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مَسۡجِدٗا ضِرَارٗا وَكُفۡرٗا وَتَفۡرِيقَۢا بَيۡنَ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَإِرۡصَادٗا لِّمَنۡ حَارَبَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ مِن قَبۡلُۚ
وَلَيَحۡلِفُنَّ إِنۡ أَرَدۡنَآ إِلَّا ٱلۡحُسۡنَىٰۖ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ
١٠٧ لَا تَقُمۡ فِيهِ أَبَدٗاۚ لَّمَسۡجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقۡوَىٰ مِنۡ أَوَّلِ
يَوۡمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِۚ فِيهِ رِجَالٞ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْۚ
وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُطَّهِّرِينَ ١٠٨ أَفَمَنۡ أَسَّسَ بُنۡيَٰنَهُۥ
عَلَىٰ تَقۡوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٍ خَيۡرٌ أَم مَّنۡ أَسَّسَ بُنۡيَٰنَهُۥ
عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٖ فَٱنۡهَارَ بِهِۦ فِي نَارِ جَهَنَّمَۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي
ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٠٩ لَا يَزَالُ بُنۡيَٰنُهُمُ ٱلَّذِي بَنَوۡاْ رِيبَةٗ
فِي قُلُوبِهِمۡ إِلَّآ أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ١١٠
إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم
بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ
وَيُقۡتَلُونَۖ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ
وَٱلۡقُرۡءَانِۚ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ فَٱسۡتَبۡشِرُواْ
بِبَيۡعِكُمُ ٱلَّذِي بَايَعۡتُم بِهِۦۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١١١

پێغەمبەرﷺ بۆ تەبووك تەواویان کردو هاتنە خزمەت پێغەمبەرﷺ و داوایان لێ کرد کە بێت بۆ ناو ئەو مزگەوتەو نوێژی تێدا بکات تا ببێت بە جێگای باوەڕی موسڵمانانو وتیان: ئەو مزگەوتەمان تەنها بەمەبەستی لاوازو پەکەوتەو بۆ شەوانی زستان دروستکردوە بەڵام خوا پێغەمبەرەکەی خۆی پاراستو فەرموی:(ئێمە ئێستا لەسەر سەفەرین بەڵام ئەگەر گەڕاینەوە (ان شاء الله) بەڵام وەختێ گەڕانەوە ماوەی ڕۆژێك کەمتری مابوو بگاتە مەدینە خوا پێغەمبەریﷺ ئاگادارکردەوەو ئەم چەند ئایەتەی ناردە خوارەوە، جاپێغەمبەرﷺ مالیکی کوڕی دوخشوم لە تیرەی بەنی سالمی بەنی عەوفو مەعنی کوڕی عەدی یان عامری کوڕی عەدی لە تیرەی بەنی عەجلان ناردو فەرموی بڕۆن بۆ ئەو مزگەوتەی ستەمکارانو بیڕوخێننو بیسوتێنن، ئەوانیش چوون ئەم فرمانەیان جێ بەجێ کرد، جاخوایش دەفەرموێ:

١٠٧ خۆ ئەوکەسانەی کە مزگەوتێکیان دروست کرد، نە بۆخوا پەرستی بەڵکو بۆ زیانگەیاندن بە پێغەمبەرﷺ، وەبۆ بڵاوکردنەوەی کفرو بۆ دووبەرەکی نانەوە لە نێوان موسڵمانان داو بۆ کەمینگایەك بۆ ئەو کەسەی کە دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرەکەیﷺ دەکرد هەر لە کۆنەوەو لەگەڵ ئەوەشدا

ٱلتَّـٰٓئِبُونَ ٱلْعَـٰبِدُونَ ٱلْحَـٰمِدُونَ ٱلسَّـٰٓئِحُونَ
ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّـٰجِدُونَ ٱلْـَٔامِرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ
وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَٱلْحَـٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِ
وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١١٢﴾ مَا كَانَ لِلنَّبِىِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَن
يَسْتَغْفِرُوا۟ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوٓا۟ أُو۟لِى قُرْبَىٰ مِنۢ بَعْدِ
مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَـٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿١١٣﴾ وَمَا كَانَ
ٱسْتِغْفَارُ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَآ إِيَّاهُ
فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوٌّ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ ۚ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٌ
﴿١١٤﴾ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًۢا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰهُمْ حَتَّىٰ
يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١١٥﴾ إِنَّ ٱللَّهَ
لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۚ وَمَا لَكُم مِّن
دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١١٦﴾ لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى
ٱلنَّبِىِّ وَٱلْمُهَـٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِى
سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ مِنۢ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ
مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّهُۥ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٧﴾

سوێندیان دەخوارد بەخوا کە ئێمە لەو ئیشەی کە دەیکەین بێجگە لە مەبەستی جوانوچاکە خوازی هیچ مەبەستێکی ترمان نیە، خوایش ئەم تاقمە ناپاکە بە پێغەمبەروﷺ خاوەن باوەڕان دەناسێنێ و بەدرۆیان دەخاتەوەو دەفەرموێ: وە ألله شایەتی دەدات کە ئەوان درۆ دەکەن. ئینجا فرمان بە پێغەمبەرﷺ دەدات‌و دەفەرموێ:

﴿١٠٨﴾ هەرگیز نەچیتە ناوئەو مزگەوتەوە، ئینجا هەڵی ئەنێ لەسەر رێزگرتنی مزگەوتی "قوبا"و دەفەرموێ: بەراستی ئەو مزگەوتەی کەلە ئەوەڵەوە لەسەر پەرهیزکاری دروست کراوە ئەوە شایستەیە بۆ هاتوچۆی تۆو بۆ بەندایەتی کردن‌و نوێژ تێدا کردنت کە لەو مزگەوتەدا پیاوانێك هەن کە حەزیان لەوەیە پاك‌و خاوێن بن، ئەم وەسفە خۆشە سەبارەت بەخەڵکی موسڵمانی (قوبا)هاتوەو مزگەوتەکەیشیان یەکەم مزگەوت بووە کە دروستکراوە، ئاشکرایە مزگەوتی قوبا بناغەی لەسەر پەرهیزکاری دانراوەو مزگەوتی پێغەمبەریشﷺ هەر بەو شێوەیە بوە بەڵکو زیاترە، ئەوەتە نوێژێکی مزگەوتی پێغەمبەرﷺ پاداشی هەزار نوێژی هەیە، جا ئەو ریوایەتانەی کە هاتون سەبارەت بە مزگەوتی (التقوی)بەم شێوەیە کۆ دەکرێنەوەو مانایان راست دەکرێتەوە والله اعلم. بەڵێ خەڵکی قوبا باوەڕدارانێکی پاك‌و خاوێن بوون بۆیە خوا بەو شێوە ناساندنی بە پێغەمبەرﷺ و موسڵمانان، وە خوایش ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە خۆیان پاك دەکەنەوە، چ پاکی ڕواڵەتی‌و چ پاکی ناودەرونی، پێغەمبەرﷺ پرسیاری لە خەڵکی قوبا کرد سەبارەت بەو پاك‌و خاوێنیە وتیان: ئێمە هەمیشە پاش ئەوەی کە بەبەرد خۆمان پاك دەکەینەوە بەئاویش خۆمان دەشۆرین پێغەمبەری خوایشﷺ ئافەرینی لێ کردن لەسەر ئەو کردارە جوانەیان، ئاشکرایە ئەمانە هەمیشە خەریکی خۆپاك کردنەوەبوون بەگوێڕایەڵی‌و ئەنجامدانی فرمانەکانی پێغەمبەرﷺ ، ئینجا خوا بەدرێژتر پێناسەی ئەو دوو مزگەوتەمان بۆ دەکات‌و دەفەرموێ:

﴿١٠٩﴾ ئایا ئەو کەسەی کە بناغەی مزگەوتی خۆی لەسەر بناغەی تەقواو پەرهیزکاری دروست کردبێت و بە گوێرەی فرمانی خواو مەبەستی رەزامەندی ألله بوبێت چاکترە یان ئەو کەسەی کە بناغەی مزگەوتی خۆی لەسەر لێوارێکی روخاوو لەپاشان بڕوخێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە دروست کردبێت؟ بەڵێ ئەم تاقمەی دووهەم تاوانبارو ستەمکارن‌و خوایش رێنمایی گەلی ستەمکار ناکات‌و نایان باتە بەهەشتەوە،

﴿١١٠﴾ هەمیشە ئەو بینایەی کەدروستیان کرد بوو بەناو مزگەوتەوە گومانێکە لەسەر دڵیان‌و هەرگیز بەیەقین ناگەن‌و هیچ ئاواتێکیشیان بۆ جێ بەجێ ناکرێت هەتا ئەوکاتەی کە دڵیان دەبچڕێت و دەمرن‌و هەرگیز بەئاوات ناگەن‌و لەو گومانەش رزگارنابن، وەبەراستی ألله زانایە بەسەر هەمو هەڵس‌و کەوتێکی مرۆڤ داو ئیشەکانیشی دانایانەیە چونکە دانایەو هیچ شتێکی بێ سود ناکات، جابە بۆنەی جەنگی تەبووکەوە خوای گەورە بانگەوازی مامەڵەیەك دەکات لەگەڵ خاوەن باوەڕانداو دەفەرموێ:

﴿١١١﴾ بەبێگومان ألله لە باوەڕداران گیان‌و ماڵیان لێدەکڕێ کە بە بێشك بەهەشتیان بۆهەیە لەباتی ئەوگیان‌وماڵەدا، جا ئەو باوەڕدارانە کێن؟ ئەو باوەڕدارانە ئەو کەسانەن کەغەزا دەکەن ئەوسا خوا ئەسان دەکوژن‌و دەکوژرێن، کە ئەمە بەڵێنێکی راستە لەلای خواوە لە تەورات‌و ئینجیل‌و قورئاندا تۆماری کردوە دەی کێ هەیە لە خوا چاکتروەفا بەبەڵێنی خۆی بکات؟ واتە جێگای هیچ گومان‌و دوو دڵیەك نیە کە ئەو بەڵێنەجێ بەجێ دەکرێت کەوابو مژدە بدەن ئەی موسڵمانان بەیەکتر لەسەر ئەو مامەڵە بەنرخەی کە کردووتانە:

خوا فرۆشندەو ئێوە موشتەری بەهەشت وەرگرن‌و لێی بکڕن حۆری. وە بەراستی هەر ئەوەیە بەهرەی زۆر گەورە، تێبینی: خوا لێرەدا گیانی پێش ماڵ خستوە بەڵام لەو شوێنانەدا کەداوا لە باوەڕداران دەکات کە جیهاد بکەن ماڵ پێش گیان دەخێت، لەراستی دا گیان‌و ماڵ هەردووکیان دووئەمانەتن‌و خوا دەیدات بەدروست کراوەکانی خۆی، لای خوا گیانەکە مەبەستی سەرکییە بۆیە بۆ کڕین گیان پێش ماڵ دەخات بەڵام هەڵسوکەوتی مرۆڤ و خۆشەویستی بۆ ماڵ واپیشان دەدات کەلە گیان خۆشەویست تربێ بۆیە لە کاتی بڕیاردان بۆ بەخشینی شت لە ڕێگای خوادا خوا ماڵ پێش دەخات واتەلای خوا گیان بەنرخەو لای مرۆڤ ماڵ خۆشەویستە ئەوەتە زۆرجار مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی ماڵ گیانی دەخاتە مەترسیەوە، ئینجا خوای گەورە ئەو موجاهیدە راستەقینانەمان پێ دەناسێنێ‌و دەفەرموێ: ئەوانە ئەو کەسانەن کە ئەم وەسفانەیان تێدابێت،

(١١٢) یەکەم: ئەوکەسانەیە کە هەمیشە تەوبە دەکەن‌و پەشیمان ئەبنەوە لەو هەڵەو تاوانانەی کەکردویانەو باوەڕیان بەسیفەتە بەنرخەکانی خوا لەبارەی تەوبەوە هەیەو هەرگیز بێ ئاگاو کەمتەرخەم نابن، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: { من ڕۆژانە زیاتر لە حەفتا جار تەوبەو ئیستیغفار دەکەم}

دوهەم: ئەو کەسانەیە کە هەمیشە بە بەندایەتی خواوە خەریکن ئاشکرایە کە بەندایەتی هەمو کارو کۆششێکی مرۆڤ دەگرێتەوە کەلە بەر خوا ئەنجامیان بدات یان لە بەر خوا وازیان لێ بهێنێ جا ئەو حەوت سیفەتەی پاش دێت کەهەریەکەیان بەشێکن لە بەندایەتی بەڵام لەبەر گرنگیان بەجیا باسی کردون‌و تا خاوەن باوەڕان گرنگیەکی زیاتر بەو جۆرە بەندایەتیە بدەن،

سێهەم: ئەو کەسانەیە کە هەمیشە بەزمان‌و بەهەڵس‌و کەوت سوپاسی خوای خۆیان دەکەن منەتی نیعمەتە فرەوانەکانی دەزانن، چوارەم: ڕۆژوو دەگرن، یان بەلەش‌و زەین لەگەشت‌و گوزاردان بۆ بیرکردنەوە لەدەسەڵات‌و هێزی خواو ئەنجامدانی حەج‌و جیهاد بەشێکە لەو گەردشە، وەك پێغەمبەر ﷺدەفەرموێ:{ إِنَّ سِيَاحَةَ أُمَّتِي الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ تَعَالَى /أبوداود.صححه الالباني / بێگومان گەشت‌وگوزاری ئوممەتی من جیهادە لەرێگای الله ی باڵادەستدا }

پێنجەم‌وشەشەم: ئەوکەسانەن کە هەمیشە بەرکوع‌و سجودەوە خەریکن‌و هەرگیز ئەو بەندایەتیە گرنگە لە بیر ناکەن واتە هەمیشە بەنوێژەوە خەریکن کە رکوع‌و سجود دووبەشی زۆر گرنگی نوێژن ئەوەتە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:{ وَأَمَّا السُّجُودُ فَاجْتَهِدُوا فِي الدُّعَاءِ فَقَمِنٌ أَنْ يُسْتَجَابَ لَكُمْ /مسلم/ ئەمما سوجدەکان زۆر دوعای تێدا بکەن چونکە نزیکە دوعاکانتان لێ وەربگیرێت} لە کاتی سوجدەدا مرۆڤ زۆر لە خواوە نزیك ئەبێتەوە.

حەوتەم‌و هەشتەم ئەوکەسانەیە کە هەمیشە فرمان بەچاکە دەکەن‌و بەرگری لە خراپە دەکەن ئاشکرایە ئەمە پێویستی بەهێزو دەسەڵات هەیە بۆیە پێویستە موسڵمانان هەمیشە خاوەنی دەسەڵات‌و عیزەت بن ئەگینا ئەم دوو وەسفەیان تێدا نایەتە جێ، وەئەگەر ئەم دوو وەسفەیش نەهاتەجێ ئاشکرایە، کە پیاوی جیهادو گیان فیدانامێنێ‌و سەرئەنجام بەر بەڵێنی بەهەشت ناکەوێت. سیفەتی نۆیەم: ئەو کەسانەن کەهەمیشە سنورەکانی خوا دەپارێزن‌و خۆیان لەخراپەو تاوان لادەدەن، ئاشکرایە کەئەو کەسانەی ئەو نۆسیفەتەیان هەبێت باوەڕدارن بۆیە خوا لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ئەی محمدﷺ مژدەبدە بەوکەسانەی کەباوەڕدارن، جا مژدەی چیان پێ بدرێت باس نەکراوە تا هەموو خێرو چاکەیەکی دنیاو قیامەت بگرێتەوە، بەڵام بێ باوەڕو موشریکان ئەوەندە خراپن خوا ئاگاداری پێغەمبەرﷺ و خاوەن باوەڕان دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(١١٣) پێغەمبەرﷺ و ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە ماڤی ئەوەیان نیە پاش مەرگی موشریکان داوای لێ خۆشبونیان بۆ بکەن ئەگەر چی خزمی نزیکیشیان بن، پاش ئەوەی کە بۆیان دەرکەوت کە دۆزەخین، ئاشکرایە پێغەمبەرﷺ لەلایەن خواوە ئاگادار دەکرا کەدۆزەخین ئەی باوەڕداران چۆن بزانن؟! باوەڕداران بەوەوە دەزانن مادام کابرا بە موشریکی مردبێ جێگای دۆزەخە، چونکە هاوبەش دانان (شرك) بۆ خوا تاوانێکی زۆر گەورەیەو بەبێ تەوبەو پەشیمان بوونەوە بەرلەمەرگ خوا چاوپۆشی لێ ناکات‌و دەیخاتە دۆزەخەوە وەك لە سورەتی (النساء)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾به بێگومان کە ﷲ هەرگیز خۆش ناوێ لەوەی کە شەریکی بۆ قەرار بدرێت وە لە خواروی شرکەوە خوای گەورە لە گوناهەکانی تر خۆش دەبێت بۆ هەر کەسێك کە ئارەزۆی لێ بێت وە لە سورەتی (بەینە)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٦﴾ ﴾ بێگومان ئەوکەسانەی

كە بێ باوەڕبون لە پەڕاوداران‌و لە بت پەرستان لەناو ئاگری دۆزەخدان بۆ هەمیشەیی، ئەوانە پیسترین دروستکراوی خودان.

وە سەدان ئایەتی ترو فەرمودەی پێغەمبەرﷺ بەم مانایە هەیە، بەڵێ تا لە دنیادا بن دروستە دوعای هیدایەتیان بۆ بکرێت، بۆ هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە چەند شت باسکراوە دەگونجێت چەند بار دابەزینی دووبارە بوبێتەوە یەکێك لەو هۆیانە کە ئیمامی ئەحمەدو بوخاری‌و موسلم بۆمان ئەگێڕنەوە ئەوە بووە کە لەکاتی سەرەمەرگی ئەبو تالیبدا پێغەمبەرﷺ هاتەلای کە ئەبو جەهل‌و عەبدوڵای کوڕی ئومەیەی لەلابو فەرموی(ئەی مامی خۆم بڵێ (لااله الا الله) وشەیەکە کەمن بیکەم بەبەڵگە بۆت لە پێشگای خوادا)گورج بەپەلە ئەبو جەهل‌و عەبدوڵا وتیان: ئەی ئەبو تالیب تۆ واز لە ئایینی عەبدولموتەلیب دەهێنی؟ ئەویش وتی: من لەسەر ئایینی عەبدولموتەلیبم، ئینجا پێغەمبەرﷺ فەرموی: من داوای لێ خۆشبونت بۆ دەکەم هەتا ئەوکاتەی کەبەرگری دەکرێم، جا ئەم ئایەتە دابەزی‌و ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ...﴾ راوییەکە دەڵێ هەروەها لەبارەی ئەبو تالیبەوە ئایەتی پەنجاو شەشی سورەتی قصص ﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ ﴿٥٦﴾﴾ دابەزیوە.

جابەگوێرەی ئەم ئایەتە نابێ خاوەن باوەڕان دوعای خێر بکەن بۆئەوکەسانەی کەبە موشریکی مردوون هەرچەند خزمی نزیکیشیان بن، لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە ئەویش ئەوەیە کە ئیبراهیم عليه السلام کاتی خۆی بەڵێنی داوە دوعا بکات بۆ باوکی وەك لە سورەتی مەریەم ئایەتی چل‌وحەوتدا دەفەرموێ: ﴿سَأَسۡتَغۡفِرُ لَكَ رَبِّيٓۖ﴾ بەم زوانە لەپەروەدگارم داوای لێ خۆشبونت بۆدەکەم، کەچی لێرە خوا بە پێغەمبەروﷺ خاوەن باوەڕان دەفەرموێ دوعایان بۆ نەکەن ئایا ئەم دوو هەڵوێستە دژی یەك نین؟ خوا دەفەرموێ:

(١١٤) داوا کردنی ئیبراهیم بۆ ئەوەی خوا لە گوناهی باوکی خۆش ببێت لەبەر بەڵێنێك بوو کە دابوی بەباوکی کە وتبوی دوعات بۆدەکەم کە خوا لێت خۆش ببێت بەڵام کاتێك کەبۆی دەرکەوت کەدوژمنی خوایەو لێی خۆش نابێت ئیبراهیم بێزاری خۆی دەربڕی‌و ئیتر دوعای خێری بۆ نەکردو دەفەرموێ:

بێگومان کە ئیبراهیم زۆر خەفەتی دەخواردو هەمیشە هەناسەی ناڕەحەتی‌و خەفەتی هەڵدەکێشاو زۆر بەحەوسەڵە بو. لەگەڵ دوژمنایەتی کردنی باوکی بۆی ئەو هەر قسەی جوانی دەکردو بەڵێنی دوعای خێریشی پێدا بەڵام خۆشەویستیش سنوری هەیە، باوەڕداری راستەقینە ئەبێ تەنها خواو پێغەمبەرﷺ و خاوەن باوەڕانیان خۆش بوێت‌و بێزاری خۆیان دەربڕن سەبارەت بە دوژمنانی خواو پێغەمبەر ﷺ و باوەڕداران، ئەمە بناغەیەکی زۆر گرنگی ئایینە و رێگای ئەهلی تەوحیدو یەکتاپەرستیە کە ئیبراهیم سەر قافڵەی ئەو کاروانەیە، کەواتە ئیبراهیمیش دوعای نەکردوە بۆ موشریکان.

(١١٥) ئەوسا خوا هیچ گەلێك گومڕاو سەرلێ شێواو ناکات پاش ئەوەی کە ڕێنمایی کردن‌و رێگای راستی پیشان دان‌و ئەوانیش ئەو رێگایان گرتەبەر تا بۆیان رۆشن نەکاتەوە ئەو شتانەی کە پێویستە خۆیانی لێ بپارێزن واتە ئەوانەی کە داوایان کردوە کە خوا لە موشریکان خۆش بێت تا ئێستا نەیان زانیوە کەخراپە ئەوانە هیچ تاوانێکیان لەسەر نانوسرێت، بەڵام پاش ئەوەی کەزانیان فرمانی خوا دوعا نەکردنە بۆیان بەڵام ئەوان گوێیان بەو فرمانە نەداو دوعایان بۆ کردن تاوانبارن‌و شایستەی سزای سەختن‌و دەبێ بزانن کە بێگومان الله هەمو شتێك دەزانێت‌و هیچی لێ ون نابێت، واتە:خوا هیچ گەلێك پاش پێ گەیشتنی پەیامی خۆی لاڕێ‌و گومڕاناکات تا بەچاکی هەموو چاکەو خراپەیەکیان بۆ رۆشن نەکاتەوەو بەهانەیان نەبڕێت کەئەمەش دانایی‌و دادگەری خوای خاوەن دەسەڵات دەگەیەنێت، ئینجا خوا باسی فرەوانی موڵك‌و دەسەڵاتی خۆی دەکات‌و دەفەرموێ:

(١١٦) بەبێگومان خاوەنیەتی ئاسمانان‌و زەوی تایبەتی خوایەو کەسی تر تێیدا هاوبەش نیەو هەر ئەوە زیندوو دەکاتەوەو هەر ئەویشە دەمرێنێت‌و بۆ ئێوە ئەی کۆمەڵی باوەڕداران بێجگەلە الله هیچ دۆستێك‌و هیچ یارمەتی دەرێك نیە جا ئێوە کە باوەڕتان بە خوا هەیە مەترسن‌و دڵنیابن لەهەموو تەنگو چەڵەمەیەکدا خواتان لەگەڵدایەو یارمەتیتان دەدات.

(١١٧) بەراستی خوا تەوبە وەردەگرێت لە پێغەمبەرو کۆچەریی‌و یارمەتی دەران ئەوانەی کەدوای پێغەمبەرﷺ کەوتن لەو کاتە تەنگانەداو چوون بۆ جەنگی تەبووك لەپاش ئەوەی کەنزیك بوو دڵی هەندێك لەوان لادات‌و دووچاری هەڵە ببێت بەڵام چونکە زۆر دڵسۆز بوون خوا لەو لادانەی پاراستن،

پاشان خوا تەوبەی لێ وەرگرتن بێگومان کەئەوزاتە میهرەبانو بەسۆزە بۆ باوەڕداران، ئەوەتە لەگەڵ ئەوەشدا کەدڵی هەندێکیان خەریك بوو بێزاربێت لە ئایینو پەیڕەوی پێغەمبەرﷺ ودوربکەوێتەوە، خوا بەلوتفی خۆی چاوپۆشی لێ کردنو بەم ئایەتانە دڵی دانەوە، هەروەکو سەبارەت بەو سێ کەسەیش کەراستییان وتو پێغەمبەرﷺ دوعاکەی دواخستنو ماوەی چل ڕۆژ کەس قسەی لەگەڵدا نەکردن، دەفەرموێ:

(١١٨) ئەوسا خوا تەوبەی لەو سێ کەسەش کە دواخران وەرگرت ئەو سێ کەسە (کەعبی کوڕی مالیكو مورارەی کوڕی رەبیعی عامریو هیلالی کوڕی ئوممەیەی واقیفی)بوون کە پاش گەڕانەوەی پێغەمبەرﷺ ئەوانەی کەنەچوبون بۆ"تەبووك" هاتنە خزمەتیو هەرکەسێك بەهانەیەکی بۆ خۆی باس کردو پێغەمبەریش داوای لێ خۆشبونی بۆ دەکردن بەڵام ئەو سێ کەسە هیچ درۆیەکیان نەکردو وتیان: دواکەوتنەکەمان بێ بەهانەبوە پێغەمبەریشﷺ دوعای بۆ نەکردنو دوای خستن ئەوانیش بەراستی لەو دواکەوتنەی خۆیان زۆرپەشیمان بوون بەڵام کەس قسەی لەگەڵدا نەدەکردنو زۆر زۆر دڵتەنگو بێ تاقەت بوون وەك خوا لەبارەیانەوە دەفەرموێ: ئەمانە دوا خران تاوایان لێ هات ئەو زەوییە فرەوانەیان لەلا تەنگ بو، وەئەوەند نارِحەت بوون کە وایان لێ هاتبو گیانی خۆیان بوە ملو نەیان دەزانی چی بکەنو یەقینیان پەیدا کرد کە هیچ پەنایەك نیە بێجگە لە پەنای خواو گەڕانەوە بۆلای ئەو، لەبەر ئەوە هەرخەریکی یادی خواو گریان بوون پاشان خوا تەوبەی لێ وەرگرتن تائەوانیش بگەڕێنەوە بۆلای خوا بێگومان کە ﷲ تەوبەوەرگرەو بە بەزەییە سەبارەت بەبەندەکانی خۆی، بەڵێ خوا لەو سێ کەسەش خۆشبو کەبەراستی لەتاوانی خۆیان پەشیمان بوونەوەو بەراستی قسەیان کردو دانیان بەهەڵەی خۆیاندا نا، واتەراستی بوبە هۆی سەرفەرازیو بەختەوەریان هەر بۆیە لە پاش گەڕاندنەوەی باسی ئەو سێ کەسە خوا فەرمان دەدات بەسەر خاوەن باوەڕانداو دەفەرموێ:

(١١٩) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە بترسن لە ﷲ و لەگەڵ راستگۆیاندابن چونکە ئەو دووهۆیە(پەرهیزکاریو بون لەگەڵ راستگۆیاندا) مایەی سەرفەرازیو خۆشبەختی هەردوو دنیایە بۆ مرۆڤی خاوەن باوەڕ، ئینجا خوا خەڵکی مەدینە هەڵ دەنێ لەسەر جیهادو دەفەرموێ:

وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْأَرْضُ
بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوٓاْ أَن لَّا مَلْجَأَ
مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ
ٱلرَّحِيمُ (١١٨) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ
ٱلصَّٰدِقِينَ (١١٩) مَا كَانَ لِأَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ وَمَنْ حَوْلَهُم
مِّنَ ٱلْأَعْرَابِ أَن يَتَخَلَّفُواْ عَن رَّسُولِ ٱللَّهِ وَلَا يَرْغَبُواْ بِأَنفُسِهِمْ
عَن نَّفْسِهِۦ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ
وَلَا مَخْمَصَةٌ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَطَـُٔونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ
ٱلْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم
بِهِۦ عَمَلٌ صَٰلِحٌ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ (١٢٠)
وَلَا يُنفِقُونَ نَفَقَةً صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً وَلَا يَقْطَعُونَ
وَادِيًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ لِيَجْزِيَهُمُ ٱللَّهُ أَحْسَنَ مَا كَانُواْ
يَعْمَلُونَ (١٢١) ۞ وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةً
فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِى ٱلدِّينِ
وَلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ (١٢٢)

(١٢٠) خەڵکی مەدینەو چواردەوری مافی ئەوەیان نیە کە لە جیهادو دەرچون لە خزمەتی پێغەمبەرﷺ دا دوابکەون وەئارەزۆیان لە خۆشیو ئیسراحەتی خۆیان هەبێو گوێ بەزەحمەتو ئێشو ئازاری پێغەمبەرﷺ نەدەن، بەڵکو باوەڕی هیچ باوەڕدارێك تەواو نیە هەتا پێغەمبەریﷺ لەگیانو ماڵو مناڵو هەمو کەسێکی خۆی خۆشتر نەوێت، ئینجا باسی ئەو پاداشە گرنگانە دەکات،کە مرۆڤ پاڵ پێوە دەنێت کەلە جیهادو گیان فیدانیدا کۆتایی نەکاتو هەمیشە ئامادەو لەسەر پێ بێ بۆ جیهادو گیان فیدا کردن لەرێگای بەرزکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام داو دەفەرموێ: لەبەرئەوەی داوای دەرچون بۆ جیهادیان لێ دەکات چونکە ئەوان دووچاری هیچ تینوبونێك نابنو توشی هیچ ماندو بونێك نابنو هیچ برسێتیەکیان تووش نابێت لەرێگای ألله داو پێ بەهیچ جێگایەکدا نانێن کەببێت بەهۆی رق هەستانو خەمو پەژارەی کافران، وەهیچ شتێکیان دەست ناکەوێت لەسەروەتو سامان یان زاڵ بون بەسەر دوژمناندا مەگەر خوای گەورە بۆیانی تۆمارکردبێ بەکردەوەی چاك، وەئەمانەی کەئاوا ئیش دەکەن چاکەکارنو بێگومان ﷲ یش ئیشی چاکە کاران زایەناکاتو پاداشتی خێریان پێ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ
وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿١٢٣﴾
وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ فَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمۡ زَادَتۡهُ هَٰذِهِۦٓ
إِيمَٰنٗاۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَزَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَهُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ
﴿١٢٤﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡسًا
إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ ﴿١٢٥﴾ أَوَلَا يَرَوۡنَ
أَنَّهُمۡ يُفۡتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٖ مَّرَّةً أَوۡ مَرَّتَيۡنِ ثُمَّ
لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمۡ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٢٦﴾ وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ
سُورَةٞ نَّظَرَ بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٍ هَلۡ يَرَىٰكُم مِّنۡ أَحَدٖ
ثُمَّ ٱنصَرَفُواْۚ صَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ
﴿١٢٧﴾ لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ عَزِيزٌ
عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ
رَءُوفٞ رَّحِيمٞ ﴿١٢٨﴾ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ
إِلَّا هُوَۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُۖ وَهُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿١٢٩﴾

١٠ سُورَةُ يُونُسَ ١٠٩

دەداتەوە بەچەندین بەرانبەر، وەئەوە نیشانەو بەرهەمی بیرو باوەڕیانەو بەڵگەی پاکیو راستی شایەتومانیانە.

(١٢١) خۆهیچ شتێکیش نابەخشن نەبچوكو نەگەورە لەبەر رەزامەندی خواو بەرزو بەهێزکردنی ئایینەکەیو هیچ شیوێك نابڕن بۆ جیهاد لەرێگای خوادا مەگەر خوا بۆی تۆمارکردبنو هیچیان لەلای خوا ون نابێو حیسابیان بۆ دەکات تا ألله پاداشتیان چاکتر لەو کردارەی کە کردویانە پێ بداتەوە، بەراستی ئەمە چاکترین پاڵنەرەو جوانترین هەڵنەرە بۆئەوەی خاوەن باوەڕان زیاتر بەدەم جیهادەوە برۆنو کەم تەرخەمی تێدانەکەن، ئینجا خوای گەورە شێوەی دەرچون بۆ جیهاد باس دەکاتودەفەرموێ:

(١٢٢) شتێکی راستو رەوانیە کە باوەڕداران هەموویان دەربچن بۆ جیهاد چونکە ئەو دەرچونە ئەبێ بەهۆی دواکەوتنی زۆربەی کاروباری ناوخۆی موسڵمانانو سەرئەنجام کەم دەستیو لاوازبوونی ئابووریان بەڵکو ئەبێ بەگوێرەی پێویستو بەفرمانی فرماندەی موسڵمانان باوەڕداران دەربچن بۆ جیهاد وەك ئەفەرموێ: بەڵێ واچاکترە بۆیان کەلە هەمو تیرەو شارو گوندێك کۆمەڵێکی لێزانو بەهێزو چالاك لەباوەڕداران دەربچێت بۆ جیهادو وەئەویشی کە ماوەتەوە نابێ بەشتی بێ سودەوە خەریك ببن بەڵکو پێویستە بەزانیاری ئایینەوەخەریك ببن تاشارەزاببن لەبارەی ئایینەوە، بۆچی؟ وەتا گەلەکانی خۆیان بترسێنن لە خراپەو خراپەکاریو لە سزاو تۆڵەی پاشەڕۆژ هەرکاتێ گەڕانەوە ناویان بەڵکو ئەوانیش بیر لە پاشەڕۆژی خۆیان بکەنەوەو بترسن لە ألله‌و لەخراپەو خراپەکاری بگەڕێنەوە لێرەدا ئەم چوار خاڵەی خوارەوە لەم ئایەتە پیرۆزە وەردەگرین:

یەکەم: گرنگی جیهادو نابێ پشت گوێ بخرێت ئەبێ هەمو تیرەو شارو گوندێکی موسڵمان کۆمەڵێك موجاهیدی هەبێت. دوهەم: فێربونی ئایین ئەرکێکی هەرە گرنگی سەرشانی باوەڕدارانە چونکە بە پەیڕەوی کردنی ئایین مرۆڤ خۆشبەختی هەردوو ژیانی دەست دەکەوێت جا ئەگەر ئایین نەناسێت چۆن پەیڕەوی دەکات؟

سێهەم: زانایان ئەبێ لە گەیاندنی پەیامی ألله دا کەم تەرخەمی نەکەن. چوارەم: خاوەن باوەڕان لە جیهاددا فێری ئەو فەرزە بەنرخە دەبن بەقسەو باسکردن ناتوانن لەو شتانە تێ بگەن کەلە گۆڕەپانی خەباتو جیهاددا فێری دەبن کەئەمە خۆی یەکێکە لە تەفسیرەکانی ئەو ئایەتە پیرۆزە زۆرکەس هەیە بەسەرو سیماو قسەی قەڵەوو پڕزرقو بەرق خۆی بەگەورەو پاڵەوانی مەیدان دائەنێت بەڵام لەکاتی مەیداندا هیچ دەورێکی نابێو زۆر کەسیش هەیە لە کاتی ئیسراحەت دا هیچ حیسابێکی بۆناکرێت کەچی لە مەیدانی جیهادا چالاكترینو لێ هاتوترین سەربازی مەیدان دەبێت کەواتە جیهاد کورەی مرۆڤ سازییە بۆیە بە سەنگەری هەرەبەرزی ئایین دانراوەو موجاهیدین پاداشتێکی گەورەی وایان هەیە کە کەس پێی ناگات، ئەوەتە پێغەمبەرمانﷺ ئاوات دەخوازێت کە چەندین جار گیانی تێدا بکرایەو لە رێگای خوادا بەختی بکردایە، لەگەڵ ئەوەش کە پێغەمبەرێکی هەرە پایەبەرزی خوایەو لەهەموو تاوانێکیش بەخشراوە.

(١٢٣) ئەی ئەوکەسانەی کە باوەڕتان هێناوە شەڕ بکەن لە گەڵ ئەوکەسانەی کە نزیکتانن لە کافرانو ئەبێ وایان تێبگەیەنن کە ئێوە زۆر توندو دڵ رەقن بەرانبەر بەوان تاتەماعتان تێ نەکەنو توشی شەڕ نەبن، واتە پێویستە موسڵمانان پێشەکی دەوروبەری خۆیان پاك بکەنەوە، ئینجا بەم لاولادا پەل

بهاوێژن‌و شەڕ لەگەڵ بێ باوەڕانی دوورتردا بکەن کە شەڕ لەئیسلامدا بۆ نەهێشتنی شەڕە بەڵام ئەوەنەبێ ئەوشەڕەو ئەو جیهادە بەنرخەو ئەو دڵ رەقییە ببێ بەهۆی زیادەڕەوی‌و دەرچون لە سنوری ترسان لە خوا و پەرهیزکاری بۆیە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ: دەی بزانن بەبێشك ﷲ لەگەڵ پەهیزکاراندایە بەچاودێری‌و پشتیوانی‌و یارمەتی دانیان. لێرەدا هەم مژدەیە هەم هەڕەشە مژدەیە بۆپەرهیزکاران کە خوا یارمەتی دەرو پشتیوان‌و چاودێریانەو باکیان لە هیچ نەبێت، هەڕەشەیشە لەو باوەڕدارانەی کەپەرهیزکار نەبن‌و هەم لەو کافرانەی کە ﷲ دژایەتیان دەکات‌و پەرهیزکارانیان لێ هان دەدات‌و یارمەتیشیان دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٢٤) خۆ هەرکاتێك سورەتێك لە قورئان بهاتایە خوارەوە بۆ پێغەمبەرﷺ لەناو ئەو خەڵکەی دەوروبەری پێغەمبەرﷺ کەسی واهەبوە کە دەیوت: کام لە ئێوە بەهۆی ئەم سورەتەوە باوەڕی زیادی کردوە واتە گاڵتەیان پێ دەکردو خوایش دەفەرموێ: بەڵام ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە، ئەمانە بەو سورەتانە باوەڕیان زیادی کردوە لەحاڵێدا کەئەوان مژدەیان بەیەکتر دەدا کەئەم سورەتە لەلایەن پەروەردگارمانەوە هاتوەو کەیف خۆش‌و شادمانن پێی

(١٢٥) بەڵام ئەوانەی کەلەناو دڵیاندا نەخۆشی نیفاق هەبوو ئەوانە بەهۆی ئەوسورەتەوە خراپەو تاوانیان بەرەوزیاترو زیاتر رۆیشت چونکە دژایەتیان کردو بەناڕەوایان دەزانی‌و لەسەر ئەو بیرو باوەڕە چەوتە مانەوە هەتا دوا هەناسەیان‌و بەکافروخوانەناسی مردن.

ئینجا خوا سەبارەت بەو بێ باوەڕانە دەفەرموێ:

(١٢٦) ئایا ئەوان نابینن لە هەمووساڵێکدا جارێك یان دوو جار بەبەڵاو نەخۆشی‌و گرانی تاقی دەکرێنەوە؟ بەڵێ بەراستی هەمو بێ باوەڕێك لەهەمو سەردەمێکدا ساڵی جارێك یان زیاتر خوا بەهۆی روداوو کارەساتی گەورەوە ئاگاداریان دەکاتەوە بەڵام ئەوان لەپاش ئەوەش تەوبە ناکەن‌و بیری لێ ناکەنەوە.

(١٢٧) کاتێك کە سورەتێك سەبارەت بە بیروڕا چەوتەکانی ئەوان دادەبەزی هەندێکیان تەماشای هەندێکی تریان دەکردو دەیان وت: ئایا محمدﷺ یان هیچ کەس ئێوەی دیوە؟ بەڵێ وەختێ ئەو سورەتانە دادەبەزین‌و کارو تەلاش‌و نیەتی ئەوانی باس دەکرد چونکە باوەڕایان بەوە نەبو کە پێغەمبەرﷺ راستەو لەلایەن خواوە هەواڵی پێدەگات گومانیان لەنەفەری خۆیان بوو کە ئەو قسانەی بە پێغەمبەرﷺ گەیاندبێ بۆیە هەرسورەتێکی ئاوەهای کەدەهاتە خوارەوە دەستیان دەکرد بەپشکنین‌و لێ کۆڵینەوەو گومانیان لەرەفیقەکانی خۆیان دەکرد، ئیتر نەبیریان لە راستی پێغەمبەرﷺ دەکردەوەو نەژیریان دەخستەکارەوە بەڵکو لەپاش ئەوە پشتیان لە ئاینی خوا دەکردو خوایش دڵی ئەوانی گۆڕی‌و دووری خستنەوە لە ئایین چونکە بەبێشك ئەوان گەلێکن دەرکی هیچ ناکەن‌و هیچ راستیەك نافامن ئەگینا هەرسورەتێك بهاتایە خوارەوە دەست بەجێ بەدڵ‌و بەگیان وەریان دەگرت‌و سوپاسی ﷲ یان دەکرد.

ئینجا خوا منەت دەخاتە سەر باوەڕداران‌و دەفەرموێ:

(١٢٨) بەراستی هاتوەتەلای ئێوە ئەی خەڵکینە پێغەمبەرێك کە لە خۆتانەو چاکی دەناسن‌و لە نزیکەوە هەڵس‌و کەوتی ئەوتان دیوەو دەزانن کەمرۆڤێکی دەست‌و زمان پاك‌و داوێن پاك‌و ژیرەو ئەوەندە میهرەبانە سەبارەت بە ئێوە کە زۆر ناڕەحەت دەبێت بەو شتەی کە ئێوە ناڕەحەت دەکات‌و زۆر سوورە بۆ دابین کردنی خێرو چاکە بۆتان‌و زۆر میهرەبانەوبەبەزەییە سەبارەت بەباوەڕداران جا ئەگەر بە گوێی بکەن‌و فرمانەکانی ئەنجام بدەن بەسودی خۆتانە

(١٢٩) خۆ ئەگەر پشتیشی تێ بکەن‌و گوێی پێ نەدەن ئەوە پشتتان لە ئایینی خوا کردوەو خۆتان زیانتان لێ دەکەوێت‌و هیچ زیانێك بە پێغەمبەرﷺ ناگات بۆیە خوا دڵنەوایی پێغەمبەرﷺ دەکات‌و دەفەرموێ: ئەی محمدﷺ بڵێ بەسە خوا بۆ من‌و هیچ پەرستراوێکی تری راست نیە بێجگە لەو، وەمن تەنها پشت بەو دەبەستم‌و هەر ئەو بەپشت وپەنای خۆم دەزانم، وەهەر ئەوە پەروەدگاری عەرشی گەورە ئەوعەرشەی کە بانە بۆ هەمو دروستکراوەکانی تری خواو داپۆشەریانە دڵنیام کەمنی لەبیر ناچێت، ئوبەی کوڕی کەعب دەڵێ: دواترین ئایەت کەدابەزیوە ئەم ئایەتەیە ﴿لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ﴾ هەتا کۆتایی سورەتەکە.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓرۚ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْحَكِيمِ ﴿١﴾ أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا
أَنْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ رَجُلٍ مِّنْهُمْ أَنْ أَنذِرِ ٱلنَّاسَ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟
أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِندَ رَبِّهِمْۗ قَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ إِنَّ هَٰذَا
لَسَٰحِرٌ مُّبِينٌ ﴿٢﴾ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ
فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِۖ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَۖ مَا مِن شَفِيعٍ
إِلَّا مِنۢ بَعْدِ إِذْنِهِۦۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُۚ أَفَلَا
تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًاۖ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقًّاۚ إِنَّهُۥ
يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ لِيَجْزِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
بِٱلْقِسْطِۚ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ
أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ ﴿٤﴾ هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلشَّمْسَ
ضِيَآءً وَٱلْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُۥ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا۟ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ
وَٱلْحِسَابَۚ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ إِلَّا بِٱلْحَقِّۚ يُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ
لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٥﴾ إِنَّ فِى ٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ
ٱللَّهُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَّقُونَ ﴿٦﴾

١٠ سورەتی یونس ١٠٩

سورەتی یونس كە سورەتی دەهەمی قورئانە، لە مەكەدا هاتوەتە خوارەوە، سەدونۆ ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی پەنجاویەكەمەو پاش سورەتی (بني إسرائیل)و پێش (هود) دابەزیوە. ئەم سورەتە لەگەل چوار سورەتی تردا بە ﴿الٓر﴾ دەست پێدەكات، جا هەر كام بە ناوی پێغەمبەرێك یان بەناوی گەلەكەی ناو براون، ناوی پێغەمبەر یونس ﷺ چوارجار لە قورئاندا (لە سورەتی نیساء و ئەنعام و یونس و صافات)دا هاتوەو لە سورەتی ئەنبیاش بەسەرهاتەكەی باسكراوە بەلاَم ناوی نەهاتوە.

بەناوی ﷲی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەلیف،لام،را. ئائەوە ئایەتو نیشانەكانی پەڕاوێكی پڕ لە دانایی‌و حیكمەتە.

(٢) ئایا خەڵك پێیان عەجایبە كە ئێمە وەحی بكەینە لای پیاوێك لە خۆیان‌و بڵێین كە خەڵكانی بێ باوەڕو كافر بە سزای دۆزەخ بترسێنە و مژدەبدە بەو كەسانەش كەباوەڕیان هێناوە كە پاشەرۆژێكی چاكیان بۆ هەیەو سەر ئەنجامێكی چاك چاوەڕێیانە؟ جا لە جیاتی باوەڕ هێنان، كافران وتیان: بێگومان ئائەمە جادوگەرێكی ئاشكرایە لەگەڵ ئەوەشدا كە زۆر بەچاكی پێغەمبەریانﷺ ئەناسی كە نە درۆزنەو نە چادوگەرە، ئینجا خوای گەورە ئەفەرموێ:

(٣) بێگومان پەروەردگارتانﷲ یە كە ئاسمانان وزەوی لەشەش رۆژدا دروست كردوە، هەر چەندە خودا توانایی ئەوەی بووە كە بەیەك جار دروستیان بكات تا ئێمە فێری هێواشی‌و پەلە نەكردن بكات. لەپاشان وەستا لەسەر عەرش بەو شێوەی كەشایانی خودایەو ئێمە چۆنیەتیەكەی نازانین، هەروەك لەزاتیدا بێ وێنەیە هەروەها لەسیفەتەكانیشیا بێ وێنەیە، هەموو كاروبارەكانی ئەم بونەوەرە هەر ئەو بەڕێوەی دەبات، هیچ پاڵپشتێك نیە بۆ مرۆڤ مەگەر لەپاش ئەوەی كەئەوماوەبدات ئەو زاتەش ﷲ یە، پەروەردگارتانە جا سەری بەندایەتی بۆ ئەوی بكەن‌و بیپەرستن ئایا پاش ئەو بەڵگە رۆشنانە ئێوە بیرناكەنەوە؟

(٤) هەر بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە هەموتان‌و كۆتان دەكاتەوە بۆ حیساب‌و پاداشت و سزاو كەس ناتوانێ خۆی لێ بشارێتەوە، بەڵێنی خودایەو وە بەڵێنی خوداش راستە و مردن‌و گەڕانەوە بۆ دادگای خواو حیساب‌و پاداشت و سزا شتێكی بێ گومانەو راستە چونكە بێگومان هەر ئەو پێشەكی ئەم دروستكراوانەی دروستكردوەو هیچ پاڵپشت‌و هاوبەشی نەبوە لە پاشان پاش مەرگ زیندوی ئەكاتەوە. بۆ؟ تا خوای گەورە بەو كەسانەی كە باوەڕیان هێناوەو كردەوەی چاكیان كردووە بەدادپەروەرانەو بەرێك‌و پێكی‌و بەبێ زیادو كەم پاداشتیان بداتەوە، وە ئەوانەی كە كافرو خوا نەناسبوون بۆ ئەوان هەیە خواردنەوەیەك لە ئاوێكی زۆر داغ واتە كاتێك كە داوای ئاو دەكەن ئاوێكیان پێ ئەدرێت كە ئەوەندە گەرم‌و داخە كە ریخۆڵە كانیان پارچە پارچە ئەكات وەك لە سورەتی محمد ئایەتی پانزەدا دەفەرموێ: ﴿وَسُقُوا۟ مَآءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَآءَهُمْ / ئاوێكی گەرمیان پێ ئەدرێت كە ریخۆڵەكانیان پارچەپارچە ئەكات﴾ بەلاَم نامرن تارزگاریان ببێ. لێرەش فەرموی: بۆئەوان هەیە ئاوێكی زۆر گەرم‌و داخ‌و سزایەكی دەردناك بەهۆی ئەوەوە كە بێ باوەڕو كافربوون ئەگینا ئاوایان لەگەڵدا نەئەكرا بەم شێوەیە خوایەتی خوداو پەروەردگاریەتی بوبە شتێكی زۆر روون. ئینجا چەند بەڵگەیەكی گەورەو لەبەرچاومان بۆباس ئەكات‌و ئەفەرموێ.

(٥) خوا ئەو زاتەیە كە خۆری دروست كردوە كە هۆی رووناكییەو مانگیشی كردوە بە گلۆپێكی زۆر رووناك (نور و

إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُواْ بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَٱطۡمَأَنُّواْ
بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ﴿٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمُ
ٱلنَّارُ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ يَهۡدِيهِمۡ رَبُّهُم بِإِيمَٰنِهِمۡۖ تَجۡرِي مِن
تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٩﴾ دَعۡوَىٰهُمۡ فِيهَا سُبۡحَٰنَكَ
ٱللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمۡ فِيهَا سَلَٰمٞۚ وَءَاخِرُ دَعۡوَىٰهُمۡ أَنِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ
رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٠﴾ ۞ وَلَوۡ يُعَجِّلُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ ٱلشَّرَّ
ٱسۡتِعۡجَالَهُم بِٱلۡخَيۡرِ لَقُضِيَ إِلَيۡهِمۡ أَجَلُهُمۡۖ فَنَذَرُ ٱلَّذِينَ
لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ﴿١١﴾ وَإِذَا مَسَّ
ٱلۡإِنسَٰنَ ٱلضُّرُّ دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوۡ قَاعِدًا أَوۡ قَآئِمٗا فَلَمَّا كَشَفۡنَا
عَنۡهُ ضُرَّهُۥ مَرَّ كَأَن لَّمۡ يَدۡعُنَآ إِلَىٰ ضُرّٖ مَّسَّهُۥۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ
لِلۡمُسۡرِفِينَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٢﴾ وَلَقَدۡ أَهۡلَكۡنَا ٱلۡقُرُونَ
مِن قَبۡلِكُمۡ لَمَّا ظَلَمُواْ وَجَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَمَا كَانُواْ
لِيُؤۡمِنُواْۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿١٣﴾ ثُمَّ جَعَلۡنَٰكُمۡ
خَلَٰٓئِفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ لِنَنظُرَ كَيۡفَ تَعۡمَلُونَ ﴿١٤﴾

ضیاء) هەردووك رووناكین بەڵام روناكی رۆژ زیاترەو گەرمایشی لەگەڵدایە بەڵام روناكی مانگ كەمترەو گەرمایی لەگەڵدانیە، وە بۆمانگ چەند قۆناغو مەنزڵێكمان داناوە، واتە: بۆ هەمو جارێكی مانگ بیستو هەشت قۆناغ دیاری كراوەو هەرشەوەی لە جێگایەكی تایبەتەوە هەڵدێو لە جێگایەكی تایبەتەوە ئاوا ئەبێت، بۆچی؟ تاكو ژمارەی ساڵەكانو حیسابی پێ بزانن كە خوای گەورە ئەمەی دروست نەكردووە مەگەر تەنها لەبەر شتێكی راستو رەوا، بەراستی زۆر جوانو بەجێیە كاتێ مرۆڤ قورئان ئەخوێنێو ئەگات بەم جۆرە ئایەتانە بڵێ ﴿ رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا سُبۡحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ / آل عمران: ١٩١/ ئەی پەروەردگارمان ئەمەت بەبێ هودە دروست نەكردوە، دەی داوات لێ ئەكەین كە لە سزای ئاگربمان پارێزە ﴾ بەڵێ پەروەردگار بەم شێوەیە درێژە ئەدات بە ئایەتەكانی بۆگەلێك كەوا زانایی بكەن بەپیشەی خۆیان. ئینجا خوای میهرەبان درێژە بە نیشانەكانی دەسەڵات وگەورەیی و تەنیایی خۆی ئەداتو ئەفەرموێ:

﴿٦﴾ بێگومان لە گۆڕانی شەوو رۆژداو لەوەی كە خوا دروستی كردون لەناو ئاسمانانو زەوی دا چەندین بەڵگەی گەورە هەیە لەسەر هێزو تەنیایی خوا بۆ گەلێك كەلە سزاو تۆڵەی خوای خۆیان دەپارێزن، لەراستیدا ئەمانە گەورەترین بەڵگەن بۆ هەموكەس بەڵام تەنها پارێزكاران سودیان لێ وەرئەگرن بۆیە وای فەرمو، ئینجا هەڕەشەیەكی توند لە بێ باوەڕان ئەكات وئەفەرموێ:

﴿٧﴾ بێگومان ئەوكەسانەی كە ئومێدی گەیشتن بە ئێمەیان نییەو ناترسن لە پاشەرۆژو رازین بەژیانی دنیاو دڵنیان بەو ژیانەو وادەزانن كەلە دەستیان ناچێتو هەمیشە بۆیان ئەمێنێتەوە، وەئەوانە ئەو كەسانەن كەبێ ئاگان لەئایەتەكانی ئێمە لەم بوونەوەرەدا .

﴿٨﴾ جێگای ئەوانە ئاگرە بەهۆی ئەو كردوە ناپاكانەی كە ئەنجامیان ئەدەن. جا پاش ئەوەی كە خوا باسی بێ باوەڕانو سزاكانی كردن باسی باوەڕدارانو پاداشەكانیان ئەكاتو ئەفەرموێ:

﴿٩﴾ بێگومان ئەو كەسانەی كە باوەڕیان هێناوەو كردەوەی چاكیان كردووە پەروەردگاریان بەهۆی باوەڕەكانیانەوە رێنماییان ئەكات ولە پردی سیرات رزگاریان ئەكاتو ئەیانخاتە ناو بەهەشتانێكەوە كە چەندین ڕووبار لەژێر باخو بێستانەكانیانەوە ئەڕوات بەراستی ئەوان لەناو باخو بێستانە پڕنازو نیعمەتەكاندانو لەهیچیان كەم نیەو بێجگە لە یادی خوای خاوەن كەرەم هیچ شتێك داواناكەن وەك ئەفەرموێ:

﴿١٠﴾ داواكاری ئەوانو بەندایەتیان تەنها ئەوەیە كە ئەڵێن: پاكو بێ عەیبی هەربۆ خودایەو چاكو چۆنی نێوان خۆیانو پەروەردگاریانو خۆیانو فریشتەكان: هەرسەلام سەلامەودوا وتەیشیان ئەوەیە كەئەڵێن: سوپاس بۆالله ﷻ كە پەروەردگاری هەمو عالەمەو هیچی لە بیر نەچوەو بژێوی بەهەمویان ئەدات. ئینجا دەفەرموێ:

﴿١١﴾ خۆ ئەگەرالله ﷻ بۆ تۆڵەی خراپە لەخەڵك پەلەی بكردایە وەكو پەلەی خۆیان بۆماڵی دنیا دەمێك بوو لەناو چووبون، بەڵام خوا بەرەحمەو ماوە بەبەندە ئەدات بەڵكو بیر بكاتەوە ئەگەر چی خەریكی خراپەكاریش بن وەك ئەفەرموێ: ئێمە مۆڵەت ئەدەین بەو كەسانەی كەناترسن لە تۆڵەی ئەورۆژەی كە پێمان دەگەن تا لە تاوانو خراپەی خۆیاندا زیاتر بێ ئاگا ببنو كۆڵی خۆیان قورستر بكەن. واتە پێویستە باوەڕداران ئەم راستیە بزانن بەنازو نیعمەمەتو هێزی دەسەڵاتداران سەرسام نەبن، چونكە خوا ئەیەوێ زیاتر باریان قورس بكات وەك لە

وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَاتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ
لِقَآءَنَا ٱئْتِ بِقُرْءَانٍ غَيْرِ هَٰذَآ أَوْ بَدِّلْهُ قُلْ مَا يَكُونُ لِيٓ
أَنْ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلْقَآيِٕ نَفْسِيٓ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ إِنِّيٓ
أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (١٥) قُل لَّوْ شَآءَ
ٱللَّهُ مَا تَلَوْتُهُۥ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَدْرَىٰكُم بِهِۦ فَقَدْ لَبِثْتُ
فِيكُمْ عُمُرًا مِّن قَبْلِهِۦٓ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (١٦) فَمَنْ أَظْلَمُ
مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ إِنَّهُۥ
لَا يُفْلِحُ ٱلْمُجْرِمُونَ (١٧) وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ
مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا
عِندَ ٱللَّهِ قُلْ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا
فِي ٱلْأَرْضِ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ (١٨) وَمَا كَانَ
ٱلنَّاسُ إِلَّآ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَٱخْتَلَفُوا۟ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ
سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ
(١٩) وَيَقُولُونَ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ فَقُلْ إِنَّمَا
ٱلْغَيْبُ لِلَّهِ فَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ (٢٠)

ئاخری سورەتی (ئالی عیمران)دا باسی فەرمون، ئینجا خوا باسی لاوازی مرۆڤ ئەکاتو ئەفەرموێ

(١٢) خۆ هەر کاتێك مرۆڤ دوچاری زیانی ماڵی یان لاشەیی هات زوو بێ ئارام ئەبێو هاوارمان بۆدێنێ بەراکشاوی‌و بەدانیشتویی‌و بەپێوەو دەپاڕێتەوەکە رزگاری بکەین وئەو نارەحەتی‌و زیانەی لەسەر لابەین کەچی کاتێ کە ئەو زیانەمان لەسەر لابرد نەك هەرسوپاسمان ناکات بەڵکو وادەجوڵێتەوە وەك ئەوەی کەئەو هەرگیز هاواری بۆ ئێمە نەهێنا بێت لەو زیانەی کە توشی بووە، جا هەربەو چەشنەی کەئەو چاکەی لەبیر ئەچێتەوە جوان ئەکرێت بۆ زیادە رەوەکاران ئەو هەڵوێستو کردارە ناشیرینانەی کە ئەنجامیان ئەدەن. واتە زۆر بەزوویی چاکەکانی خوای خۆی لەبیر ئەباتەوەو پەندو ئامۆژگاری لەو زیانە وەرناگرێت، بەڵێ مرۆڤ هەمو بەو شێوەیەن بێجگە لەوانەی کە خوای میهرەبان رێنمایی کردون و رێگای راستیان هەڵبژاردوەو خۆیان لە تاوان‌و خراپەکاری پاراستوە ئەمانە چ خۆشییان دەست کەوێت چ ناخۆشی یەخەیان بگرێت هەرلە خێرو چاکەو بەختەوەریدان وەکو پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ ئەفەرموێ:{عَجَبًا لِأَمْرِ الْمُؤْمِنِ إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ وَلَيْسَ ذَاكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ / مسلم / جێگای سەرسوڕمانە کاری باوەڕدار خوا هیچ شتێکی بەسەردا نادات مەگەر ئەو شتەببێ بەمایەی خێر بۆی : ئەگەر خۆشی پێ گەیشتو سوپاسی کرد چاکەی بۆ دەنوسرێت، وەئەگەر زیانی پێ گەیشتو خۆی گرت ئەوەلەسەر ئەو زیانە چاکەی بۆ دەنوسرێت، وە ئەمە تەنها بۆ باوەڕدارە نە کەسی تر}ئینجا خوای میهرەبان بەسەرهاتی گەلانی پێشومان بۆ باس ئەکاتو ئەفەرموێ:

(١٣) بەراستی ئێمە چەندین گەلمان لەپێش ئێوەدا لەناوبرد لەبەر ئەوەی کەستەمیان کردبوو لەحاڵێکدا کەنێرراوەکانی ئێمە بەبەڵگەی روون‌و ئاشکرا هاتنەلای ئەوان‌و راستیان بۆ رۆشنکردنەوە کەچی ئەوان باوەڕیان پێ نەکردن جاهەرچۆن ئەوگەلانەی لەناوبرد ئەفەرموێ هەرئاوەها لەهەمو کاتدا تۆڵە لەتاوانباران وەرئەگرین، واتە ئەگەن ئێوەش وەك ئەوان رەفتار بکەن دڵنیابن کە وەکو ئەوانتان لێ دەکەین.

(١٤) لەپاشا ئەی ئوممەتی محمد ﷺ پاشئەوان ئێوەمان کرد بەجێنشینیان. بۆچی؟ تا تەماشابکەین‌و ببینین کە چۆن هەڵس‌و کەوت دەکەن. جا ئیتر ئێوەش چۆن ئیش ئەکەن بیکەن ئەوە ڕەوشتی ئێمەیە سەبارەت بە چاکەکارو تاوانبارو دڵنیاشبن کە رەوشتی ئێمە ناگۆڕێت لەکام دەستەبن بەوشێوەیە کەلە پێشەوە باسکرا رەفتارتان لەگەڵدا ئەکرێت، بەراستی ئێرە جێگەی وەستان‌و بیرکردنەوەیە.

(١٥) ئەی محمد ﷺ ئەم ئەممەتەی تۆ کاتێك کە ئایەتە رۆشن‌و ئاشکراکانی ئێمەیان بەسەردا ئەخوێنرێتەوە لەباتی باوەڕهێنان ئەوکەسانەی کەترسی گەیشتن بە ئێمەیان نیە ئەڵێن: ئادەی خوێنراوێکی تری بێجگە لەم قورئانەمان بۆ بهێنە یان ئەمە بگۆڕە، چاکەی بکە بەخراپەو خراپەی بکە بەچاکە، ئەی محمد ﷺ پێ یان بڵێ :ناتوانم لەخۆمەوە ئەو ئایەتانە بگۆڕم بەڵکو ئەمە نیگای خوایەو من پەیڕەوی ناکەم لە هیچ شتێك بێجگە لەوەی کەبۆم دێت بێگومان من ئەترسم ئەگەر بێتو بێ فرمانی خوای خۆم بکەم لەسزای رۆژێکی زۆر گەورە واتە من هەرگیز سەرپێچی لەفرمانی خوای خۆم ناکەم.

(١٦) پێ یان بڵێ: ئەگەر خوا ئارەزۆی لێ بوایە منی نەئەکرد بە پێغەمبەر تا ئەم قورئانە بخوێنمەوە بەسەر ئێوەداو من هیچم بەئێوە نەدە گوت، خۆتان ئەزانن کەمن ماوەی زیاتر لە

چل ساڵ لەناو ئێوەدا ژیاووم‌و هیچ قسەیەکی ئاوەهام نەکردوە چونکە ئەو کاتە پێغەمبەر نەبووم ئێستا فرمانم بۆ هاتوە ئایا ئێوە هۆش‌و بیر بەکارناهێنن؟! بۆ ئەوەی راستیەکان بزانن‌ولەم نەزانی‌ونەفامییە رزگارتان ببێت؟ ئینجا ئەفەرموێ:

(١٧) کێ هەیە ستەمکارتر لەو کەسەی کە درۆ بەدەم خوداوە بکات یان بێ باوەڕبێت بەئایەتەکانی ئەو بێگومان ئەبێ بزانن هەرگیز تاوانباران رزگارنابن

(١٨) جا ئەوانەکە بێجگە لەﷲ بەندایەتی شتێ ئەکەن کە ناتوانێ نەزیانیان پێ بگەیەنێ‌و نەسودیان پێ بداتو ئەڵێن: ئائەمانە تکامان بۆ ئەکەن لەلای خواو ئەبنە دۆستو پاڵپشتمان محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئەی ئایە ئێوە هەواڵی شتێك بەخودا دەدەن کە خوا خۆی هیچ زانیاریەکی لەبارەیەوە نیە نەلە ئاسمانان‌و نەلە زەویدا؟! چونکە ئەو ئەفەرموێ: من هاوبەشم نیە. ئێوە ئەڵێن: هەیەتی ئایا ئێوەراست ئەکەن یان خودا ئاشکرایە کەئەو زاتە پاك‌و بێ عەیبەو بەرزو بێ نیازە لەو هاوبەشانەی کە ئێوە بۆی دائەنێن بەراستی ئێوە درۆ ئەکەن. ئەمە دەم کوتێکی توندە بۆ ئەوانەی کە وائەزانن بێجگە لە خوا بەبێ ماوەدانی زاتی حەق کەسێکی تر لە رۆژی قیامەتدا ئەتوانێ چاکە یان خراپە سەبارەت بەمرۆڤ بکاتو ئەو بۆ چونە پوچەڵ دەکاتەوەو پەیڕەوانی بە نەزان‌و تاوانبار لەقەڵەم دەدات.

(١٩) ئەم خەڵکە لەپێشەوە بێجگە لەوەی کە هەمویان یەك گەل‌و خاوەنی یەك ڕێبازو ئایین بوون شتێکی تر نەبوون هەندێك ئەڵێن: تا سەردەمی نوح پێغەمبەر ﷺ بەسەدان پشتی ئەم مرۆڤە ئەهلی تەوحیدویەکتا پەرست بوە، جا لەپاشدا نارێکی کەوتەناویانەوەو بەش بەشبوون هەندێك خواپەرستو هەندێك دژی خواو رویان کردە بت پەرستی‌و تاوان ئینجا خوای میهرەبان پێغەمبەرانی بۆ رەوانەکردن تا راستو چەوت لەیەك جیابکەنەوەو دەفەرموێ: خۆئەگەر بڕیاری خوا پێش نەکەوتایە کە هەر کەسێك ماوەیەکی دیاری کراوی خۆی هەیەو ئەو ماوە ئەبێ تەواو بکات هەر زۆر زوو ئیشیان تەواو ئەکراو سزای ئەوشتەیان دەبینی کەتێیدا نارێکن، واتە خوا پەلەی نیە لەتۆڵە وەرگرتنەوەدا بەڵکو بۆ هەمو کەس‌و گەل‌و وڵاتێك ماوەیەکی داناوەو هەرچی بکەن هەرماوەیان پێ ئەدات تا ئەوکاتە تەواو دەبێت.

وَإِذَآ أَذَقۡنَا ٱلنَّاسَ رَحۡمَةٗ مِّنۢ بَعۡدِ ضَرَّآءَ مَسَّتۡهُمۡ إِذَا لَهُم مَّكۡرٞ فِيٓ
ءَايَاتِنَاۚ قُلِ ٱللَّهُ أَسۡرَعُ مَكۡرًاۚ إِنَّ رُسُلَنَا يَكۡتُبُونَ مَا تَمۡكُرُونَ
(٢١) هُوَ ٱلَّذِي يُسَيِّرُكُمۡ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمۡ فِي ٱلۡفُلۡكِ
وَجَرَيۡنَ بِهِم بِرِيحٖ طَيِّبَةٖ وَفَرِحُواْ بِهَا جَآءَتۡهَا رِيحٌ عَاصِفٞ
وَجَآءَهُمُ ٱلۡمَوۡجُ مِن كُلِّ مَكَانٖ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ أُحِيطَ بِهِمۡ دَعَوُاْ
ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنۡ أَنجَيۡتَنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ
ٱلشَّٰكِرِينَ (٢٢) فَلَمَّآ أَنجَىٰهُمۡ إِذَا هُمۡ يَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ
ٱلۡحَقِّۗ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَا بَغۡيُكُمۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۖ مَّتَٰعَ ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَاۖ ثُمَّ إِلَيۡنَا مَرۡجِعُكُمۡ فَنُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ (٢٣)
إِنَّمَا مَثَلُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ
نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ مِمَّا يَأۡكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلۡأَنۡعَٰمُ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلۡأَرۡضُ
زُخۡرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتۡ وَظَنَّ أَهۡلُهَآ أَنَّهُمۡ قَٰدِرُونَ عَلَيۡهَآ
أَتَىٰهَآ أَمۡرُنَا لَيۡلًا أَوۡ نَهَارٗا فَجَعَلۡنَٰهَا حَصِيدٗا كَأَن لَّمۡ تَغۡنَ
بِٱلۡأَمۡسِۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ (٢٤) وَٱللَّهُ
يَدۡعُوٓاْ إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ (٢٥)

(٢٠) جا ئەڵێن ئەگەر راست ئەکات دەی با لەلایەن پەوەردگاریەوە بەڵگەیەکی بۆ بهاتایە وەکو حوشترەکەی ساڵح یان عەساکەی موسا ئیتر بێ هۆش‌و نەزانن‌و ناڵێن کابرایەك کە تا تەمەنی چل ساڵی دەرسێکی نەخوێندوەو دێڕە خەتێکی نەنوسیوە ئەی ئەم قورئانەی لەکوێ هێناوە کە هەمو زانایان سەرسامن لەودا، ئینجا ئەفەرموێ دەی پێان بڵێ: نهێنیەکان هەرﷲ دەیزانێتو پەردە لەسەر نهێنیەکان لانادرێت مەگەر بەفرمانی خوا، جاهاتنی بەڵگەو نەهاتنی بەدەست خۆیەتی کەوابوو چاوەڕێ بکەن منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕێ ئەکەم تا بزانین چی ڕوئەدات من تەنها ئایەتەکانی خواتان بۆ ئەخوێنمەوەو بێجگە لەوەش هیچ ئیشێکی ترم پێ نەسپێردراوە.

(٢١) جا هەر کاتێك پاش زیان‌و ناخۆشی نیعمەتی خۆمان برژێنین بەسەریاندا بەزوویی ئەو ئازارو ناخۆشیانەی کە پێیان گەیشتوە لەبیر خۆیان ئەبەنەوەو لە جیاتی سوپاس‌و پێ زانین گاڵتە بە بەڵگەکانی ئێمەئەکەن‌و بێ باوەڕئەبن بەونیشانانە، جاپەروەردگاریش دەمکوتیان دەکاتو دەفەرموێ: ئەی محمد ﷺ بڵێ خوا زیاتر ئێوە دەخەڵەتێنێ بەماوەپێ دانتان لەسەر خراپەو تاوان، چونکە بێگومان نێرراوەکانی ئێمە، ئەو

۞ لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ ٱلْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌۖ وَلَا يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ
وَلَا ذِلَّةٌۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٦﴾ وَٱلَّذِينَ
كَسَبُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ جَزَآءُ سَيِّئَةِۭ بِمِثْلِهَا وَتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌۖ مَّا لَهُم مِّنَ
ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍۖ كَأَنَّمَآ أُغْشِيَتْ وُجُوهُهُمْ قِطَعًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مُظْلِمًاۚ
أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧﴾ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ
جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُواْ مَكَانَكُمْ أَنتُمْ وَشُرَكَآؤُكُمْۚ فَزَيَّلْنَا
بَيْنَهُمْۖ وَقَالَ شُرَكَآؤُهُم مَّا كُنتُمْ إِيَّانَا تَعْبُدُونَ ﴿٢٨﴾ فَكَفَىٰ بِٱللَّهِ
شَهِيدَۢا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ إِن كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَٰفِلِينَ ﴿٢٩﴾
هُنَالِكَ تَبْلُواْ كُلُّ نَفْسٍ مَّآ أَسْلَفَتْۚ وَرُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ
ٱلْحَقِّۖ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴿٣٠﴾ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم
مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ
ٱلْحَيَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَۚ
فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾ فَذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمُ ٱلْحَقُّۖ
فَمَاذَا بَعْدَ ٱلْحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُۖ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴿٣٢﴾ كَذَٰلِكَ
حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ فَسَقُوٓاْ أَنَّهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٣﴾

فریشتانەی کە مەئمورن بۆ نوسینی کردەوەکانی ئینسان ئەو هەمو فرۆفێڵ وتاوانانەی کە سەبارەت بەئایین‌و پەیڕەوانی ئەنجامیان دەدەن دەینوسن‌و لەپاشەرۆژدا تۆڵەیان ئەبینن. دیسان خوا سیفەتێکی تری مرۆڤی بێ باوەڕ باس ئەکات‌و ئەفەرموێ:

(٢٢) ئەو زاتەیە کەهێزی هاتو چۆو گەڕان بەدەشت‌و دەرو ناودەریا بەئێوە دەدات، هەروەك لە وشکانیدا هاتوچۆ ئەکەن هەروا لەناو دەریاکانیشدا هاتوچۆ ئەکەن‌و خۆی ئەتان سوڕێنێتەوەو ئەتان پارێزێ تا ئەو کاتەی کەلەناو کەشتیا ئەبن‌و بایەکی باش وەکو پاڵنەری کەشتیەکە دێت‌و بەو خۆشحاڵ دەبن کتو پڕ وەزعتان لێ ئەگۆڕێ‌و بایەکی توند دێت‌و شەپۆلی دەریا لەهەمو لایەکەوە روتان تێ دەکات‌و دەکەونە مەترسیەوەو گومان ئەکەن کە تازەدەرباز نابن‌و لەناودەچن جالەو کاتەدا هاوار ئەکەنە خواو بۆئەو خۆتان یەك لادەکەنەوەو ئەزانن کە بێجگەلەو هیچ کەسێك بەدەمتانەوە نایەت‌و خۆتان بەبەندەی چاك‌و پاك پیشان ئەدەن وەدەڵێن: ئەگەر خوا لەم نارەحەتیە رزگارمان بکات بەراستی ئێمە لەبەندە سوپاسگوزارەکانی خودا ئەبین کەچی.

(٢٣) جا لەکاتێکدا کەخوای گەورە رزگاریان ئەکات هەر زۆر بەزوویی بەناڕەوا لەزەویدا خراپەوتاوان ئەکەن‌و تەنگو چەڵەمەی پێشوی خۆیان لەبیر ئەچێتەوە، بەڵام خوای میهرەبان جارێکی تر بانگیان ئەکات‌و لەسەر ئەنجامی خراپەو تاوانەکانیان ئاگاداریان ئەکاتەوەو دەفەرموێ: ئەی خەڵکینە بەراستی تاوان‌و دەست درێژی ئێوە زیانەکەی تەنها بۆخۆتانە کە کەمێك لەزەت وەرگرتنە لەدنیاداو هیچی تر بەڵام لەپاشدا بۆلای ئێمە دەگەڕێنەوە پێتان خۆشبێت یان نە، ئەوسا هەواڵی تۆڵەی ئەوشتانەی کەکردوتانە پێتان دەگەیەنێت، پاشان وێنەیەکی ژیانی دنیامان بۆباس دەکات‌و ئەفەرموێ:

(٢٤) وێنەی ژیانی دنیا وەك ئەو بارانەیە کەئێمەلە ئاسمانەوە رەوانەمان کرد بێت‌و تێکەڵاو بەزەوی بوبێت‌و دانەوێڵەکانی سەوز کرد بێت لەوانەی کە هەندێکی خەڵك‌و مەڕوماڵات دەیخوات تا ئەوکاتەی کەزەوی جوان‌و ڕازاوەو ئەخشین ئەبێ‌و خەڵکی زەوی دڵنیا ئەبن کە بە تەواوی توانایيان هەیە بۆ سودلێ وەرگرتن‌و درەوکردنی لەوکاتەدا فرمانی لەناوچونی لەلایەن ئێمەوە بۆ دەرچووبێت شەو یان ڕۆژ جاوەك درەو کراوی لێ بکەین‌و لەناوی ببەین وەك ئەوەی کە دوێنێ هیچی تێدا نەبوبێت، جا ئەفەرموێ: هەرئاوەها چۆن ئەم باسەی ژیانی دنیامان بۆئێوەکرد هەروا بەڵگەکانی خۆمان رۆشن ئەکەینەوە بۆ ئەوگەلەی کەبیر ئەکاتەوە. واتە:چۆن ئەو زەوییە بەو گژووگیایەو بەو ئاوە زوو گەش‌و جوان بوو بەڵام کوت‌و پڕیش لەناو چوو هەر ئاوایەشە ژیانی ئێمەی خۆلەبیرچوو، ئەگەر چی ئەم باسانە بۆ هەمو ئەوەی نادەمە بەڵام تەنها ئەوانە سودی لێ وەرنەگرن کەبیری لێ ئەکەنەوە بۆیە لەزۆر جێگادا ئاوا دەفەرموێ.

(٢٥) بانگتان ئەکات بۆ خانوی بێ زیان‌و ئاسایش کە بەهەشتەو رێنمایی ئەکات ئەوکەسەی ئارەزۆی لێ بێت بۆرێگای راستی خۆی واتە خوای گەورە توانای هەمو شتێکی هەیەو رێنمایی‌و سەرلێ شێوانیش هەربەدەستی خۆیەتی‌و مرۆڤ هۆیەکەو هیچی تر. پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بەسیرات دەفەرموێ: {إِنَّ اللهَ ضَرَبَ مَثَلًا صِرَاطًا مُسْتَقِيمًا عَلَى كَنَفَيْ الصِّرَاطِ زُورَانِ لَهُمَا أَبْوَابٌ مُفَتَّحَةٌ عَلَى الْأَبْوَابِ سُتُورٌ وَدَاعٍ يَدْعُو عَلَى رَأْسِ الصِّرَاطِ وَدَاعٍ يَدْعُو فَوْقَهُ وَاللَّهُ يَدْعُوا إِلَى دَارِ السَّلَامِ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ وَالْأَبْوَابُ الَّتِي عَلَى كَنَفَيْ الصِّرَاطِ حُدُودُ اللهِ فَلَا يَقَعُ أَحَدٌ فِي حُدُودِ اللهِ حَتَّى يُكْشَفَ السِّتْرُ وَالَّذِي يَدْعُو مِنْ فَوْقِهِ وَاعِظُ رَبِّهِ /الترمذي،صححه الالباني/

بێگومان ﷺ وێنەیەك دەهێنێتەوە بەرێگایەکی راست کە لە هەردوولای ئەو رێگاوە دوو دیوار هەبێت کە چەندین دەرگای کراوەی هەبێت کە چەندین پەردە بەسەر ئەو دەرگایانەوە بێت‌و بانگ کەرێك لەسەری ئەو رێگاوە بێت‌و بانگ کەرێکیش لەسەرەوەی بێت کە بانگ بکات‌وبڵێ: بانگتان دەکات بۆ بەهەشت‌و ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت رێنمایی ئەکات بۆ رێگای راست‌و ئەو دەرگانەی کە لە ئەم لاو ئەولای رێگاکەیە سنورەکانی ... یە ئەوسا هیچ کەسێك ناکەوێتە ناوسنورەکانەوەوکاری بێ شەرعی بۆناکرێت تاپەردەکان لانەدرێت‌و ئەوبانگ کەرەی کە لەسەر سەرەوەی رێگاکەیە ئامۆژگاری کەری لای ... یە} جا سەبارەت بەپاداشی چاکەکاران ئەفەرموێ:

قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ۚ قُلِ ٱللَّهُ يَبْدَؤُا۟
ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٣٤﴾ قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَهْدِىٓ
إِلَى ٱلْحَقِّ ۚ قُلِ ٱللَّهُ يَهْدِى لِلْحَقِّ ۗ أَفَمَن يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ أَحَقُّ أَن
يُتَّبَعَ أَمَّن لَّا يَهِدِّىٓ إِلَّآ أَن يُهْدَىٰ ۖ فَمَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿٣٥﴾
وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلَّا ظَنًّا ۚ إِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغْنِى مِنَ ٱلْحَقِّ شَيْـًٔا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ
عَلِيمٌۢ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾ وَمَا كَانَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ
ٱللَّهِ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا رَيْبَ
فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٧﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ
مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٣٨﴾
بَلْ كَذَّبُوا۟ بِمَا لَمْ يُحِيطُوا۟ بِعِلْمِهِۦ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ
ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٩﴾
وَمِنْهُم مَّن يُؤْمِنُ بِهِۦ وَمِنْهُم مَّن لَّا يُؤْمِنُ بِهِۦ ۚ وَرَبُّكَ أَعْلَمُ
بِٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٤٠﴾ وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّى عَمَلِى وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ ۖ
أَنتُم بَرِيٓـُٔونَ مِمَّآ أَعْمَلُ وَأَنَا۠ بَرِىٓءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٤١﴾ وَمِنْهُم مَّن
يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ ۚ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ وَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٢﴾

(٢٦) بۆ ئەو کەسانەی کە چاکە ئەکەن چاکتر لە چاکەکەی خۆیانیان پێ ئەدرێتو زیاتریش. بەڵێ بەراستی چاکە لە دە بەرامبەرەوە تا حەوسەد بەرامبەرو زیاتریش هەیە لەلایەن خوداوە بۆ بەندەکانی، وەدەمو چاوو ڕوەکانیان لەو ڕۆژەدا دووچاری تەپ وتۆزو کزی نابێ ئائەوانە رەفیقی بەهەشتنو بۆ هەمیشە لەناویدا دەمێننەوە. لە سوهەیبی رۆمیەوە رەزای خوای لێ بێ لە پێغەمبەروە ﷺ هاتوە کە فەرمویەتی: { إِذَا دَخَلَ أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ قَالَ يَقُولُ اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى تُرِيدُونَ شَيْئًا أَزِيدُكُمْ فَيَقُولُونَ أَلَمْ تُبَيِّضْ وُجُوهَنَا أَلَمْ تُدْخِلْنَا الْجَنَّةَ وَتُنَجِّنَا مِنْ النَّارِ قَالَ فَيَكْشِفُ الْحِجَابَ فَمَا أُعْطُوا شَيْئًا أَحَبَّ إِلَيْهِمْ مِنْ النَّظَرِ إِلَى رَبِّهِمْ عَزَّ وَجَلَّ . وفي رواية ثُمَّ تَلَا هَذِهِ الْآيَةَ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ /رواه مسلم وغيره/ هەر کاتێ خەڵکی بەهەشت چونە بەهەشتەوە خوای بێ نیازو باڵادەست ئەفەرموێ: شتێکی ترتان ئەوێ بۆتان زیاد بکەم، جا ئەوانیش ئەڵێن: ئایا تۆ رووی ئێمەت سپی نەکردوە؟ ئایا ئێمەت نەخستوەتە ناو بەهەشتەوەو رزگارت نەکردوین لە ئاگر؟ واتە: چیمان دەوێ لەوە زیاتر؟ ئەفەرموێ : خوا پەردەی نێوان خۆیو بەندەکانی لائەداو پەوەردگاری خۆیان ئەبینن_جا ئەفەرموێ: سەرەڕای ئەوهەمو نازو نیعمەتەی بەهەشتو دوریان لەسزای دۆزەخ_هیچ شتێك نیە خۆشەویست تر بێت لەلای ئەوان لە بینینی پەروەردگاری بەهێزو گەورەی خۆیان. لەڕیوایەتێکی تردا هاتوە کەلە پاش ئەم فەرمودەیە . ئەم ئایەتەی خوێندەوە(لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ /بۆئەوانەی کە چاکەیان کردوە چاکتریان پێ ئەدرێت کەبەهەشتەو زیاتریش). ئینجا خوای گەورە سەبارەت بە خراپەکارانو سزاکانیان ئەفەرموێ:

(٢٧) جا ئەو کەسانەی کە ئیشی خراپەیان کردووە جەزای خراپە بەوێنەی خۆیەتیو هیچی لەسەر زیاد ناکات بەڵێ خوا بۆ ئیمانداران فەزڵ بەکاردەهێنێت بەڵام بۆ کافران داد، وەئەوان دووچاری خواریو زەلیلی دەبن کە بۆ ئەوان لەلایەنی خواوە هیچ پارێزەرێك نیە کە بیان پارێزێت لە تۆڵەو رقی‌ﷻ، لەو رۆژەدا دووچاری تەپو تۆزو روورەشیەکی وائەبن وەك ئەوەی کەدەموچاویان پارچەیەك بێت لە شەوێکی تاریك ئا ئەوانە رەفیقی ئاگرنو ئەوان لەناویدا بۆ هەمیشە ئەمێننەوە. ئینجا خوای گەورە دەنگو باسێکی کۆکردنەوەو وەڵامی بێباوەڕانمان بۆ باس ئەکات بۆ ئەوەی تا نەمردوین بیرلەو رۆژە بکەینەوەو خۆمان لەتاوانو بێ باوەڕی بپارێزینو ئەفەرموێ:

(٢٨) بیر بکەرەوە لەو رۆژەی کە هەمویان کۆ ئەکەینەوە لەپاشدا بەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خودا داناوە دەڵێین:

(٢٩) لەجێگای خۆتاندا بوەستن خۆتانو هاوبەشەکانتان جا ئەو دۆستایەتیەی دنیایان لە نێواندا لا ئەبەینو ئەبن بەدوژمنی یەکتر، وە هاوبەشەکانیان ئەڵێن نەخێر ئێوەدرۆ ئەکەن ئێمەتان نەپەرستوە، بەڵام ئەم قسەیە هیچ سودێکی نیە چونکە هەردووکیان تاوانبارنو خوا ئاگای لە هەردوولایە.

(٣٠) جا بەسە خوا خۆی شایەت بێت لەنێوان ئێمەو ئێوەدا بەبێگومان ئێمە بێ ئاگاین لەبەندایەتیتان بۆمان،

(٣١) ئالەورۆژەدا هەر نەفسێك چی کردوە بۆی ئاشکرا دەبێتو ناتوانێ حاشای لێ بکات وهەر نەفسێك پەیرەوی لەچی کردوە لەو رۆژەدا دوای ئەوە ئەکەوێت، لە فەرمودەیەکی پێغەمبەرمان دا ﷺ هاتوە کە ئەفەرموێ: {كَذَلِكَ يَجْمَعُ اللهُ النَّاسَ فَيَقُولُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ شَيْئًا فَلْيَتَّبِعْهُ فَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الشَّمْسَ وَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الْقَمَرَ وَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الطَّوَاغِيتَ.../رواه الشيخان/ جا هەر ئاوەهاﷻ هەمو خەڵك کۆدەکاتەوە ئینجا دەفەرموێ:

وَمِنْهُم مَّن يَنظُرُ إِلَيْكَ ۚ أَفَأَنتَ تَهْدِي الْعُمْيَ وَلَوْ كَانُوا
لَا يُبْصِرُونَ ﴿٤٣﴾ إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْئًا وَلَٰكِنَّ
النَّاسَ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٤٤﴾ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَن لَّمْ يَلْبَثُوا إِلَّا
سَاعَةً مِّنَ النَّهَارِ يَتَعَارَفُونَ بَيْنَهُمْ ۚ قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ
وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ ﴿٤٥﴾ وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ
فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ اللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ ﴿٤٦﴾ وَلِكُلِّ
أُمَّةٍ رَّسُولٌ ۖ فَإِذَا جَاءَ رَسُولُهُمْ قُضِيَ بَيْنَهُم بِالْقِسْطِ وَهُمْ
لَا يُظْلَمُونَ ﴿٤٧﴾ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ
﴿٤٨﴾ قُل لَّا أَمْلِكُ لِنَفْسِي ضَرًّا وَلَا نَفْعًا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ ۗ لِكُلِّ أُمَّةٍ
أَجَلٌ ۚ إِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَلَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً ۖ وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٤٩﴾
قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُهُ بَيَاتًا أَوْ نَهَارًا مَّاذَا يَسْتَعْجِلُ مِنْهُ
الْمُجْرِمُونَ ﴿٥٠﴾ أَثُمَّ إِذَا مَا وَقَعَ آمَنتُم بِهِ ۚ آلْآنَ وَقَدْ كُنتُم بِهِ
تَسْتَعْجِلُونَ ﴿٥١﴾ ثُمَّ قِيلَ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا ذُوقُوا عَذَابَ الْخُلْدِ
هَلْ تُجْزَوْنَ إِلَّا بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ ﴿٥٢﴾ ۞ وَيَسْتَنبِئُونَكَ
أَحَقٌّ هُوَ ۖ قُلْ إِي وَرَبِّي إِنَّهُ لَحَقٌّ ۖ وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٥٣﴾

هەر کەسێك هەرچی پەرستووە، جا با دوای کەوێت، ئەوسا ئەو کەسەی ڕۆژی پەرستوە دوای ڕۆژ دەکەوێتو ئەو کەسەی مانگی پەرستوە دوای مانگ دەکەوێت، وەئەوەیش کە تاغوتەکانی پەرستوەو پەیڕەوی لێ کردون لەو ڕۆژەدا دوای ئەوان دەکەوێت..} واتە: هەر کەسێك هەرچی پەرەستووە لە دنیاداو پەیڕەوی لێ کردوە دوای ئەوە دەکەوێت، بەڵێ بەراستی ئەو ڕۆژە ڕۆژی ئایینە(ألدّين)، چیت پەرستوە لە دنیادا لەدوارۆژدا هەرلەسەر ئەوە زیندو دەکرێیتەوەو هەر بەشوێن ئەویشدا دەڕۆیت، جا سەرشۆڕیو ماڵ وێرانی بۆ ئەوانەی کەپەیڕەوی بێجگە لە (ﷲ)یان کردبێ بۆ کوێ دەچنو کێ ڕزگاریان دەکات؟ بەڵێ ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا کە سەرپەرشتی ڕاستەقینەیانەو بەگوێرەی کردەوەی خۆیان پاداشت وەردەگرن، وەئەو درۆو دەلەسانەی کەلە دنیادا کردویانە هەمویان لێ ون دەبێتو توانای پارێزگاری لە خۆیانیان نابێت. ئینجا خوای گەورە هەندێك لەبەڵگەی دەسەڵاتو هێزی خۆی ئەخاتە ڕوو دەفەرموێ:

(٣١) ئەی محمدﷺ بڵێ: کێ لەئاسمانو زەویدا ڕۆزی بەئێوە دەدات کە لەئاسمانەوە باران ئەبارێنێو زەوی شین ئەکاتو ئەبێ بەهۆی ژیان بۆئێوە؟ یان کێ خاوەنی بیستنو بینینە بۆ ئێوەو کێ ئەو دوو هێزە گرنگەی بەئێوەداوە؟ وەکێیە کە زیندو لەمردو پەیدا ئەکاتو مردویش لە زیندو؟ مرۆڤ لە ئاوێکی مردوی بێگیانو باڵندەش لەهێلکەو پێچەوانە کەشی، وەکێیە کارو باری ئەم بوونەوەرە ئەسوڕێنێ؟ بەراستی ئەمانە شتانێکن تەنها لە توانای خوادایە، خۆ بەم زوانە ئەوانیش هەردەڵێن:ﷲ ئەوانە ئەنجام ئەدات دەبڵێ: ئایا ئێوە ناترسن لەوﷲ یەو خۆتان لەرقو قینی ئەوناپارێزن؟ بڵێ:

(٣٢) ئائەوەی کەئەو شتانە دەکات پەروەردگاری ڕاستەقینەتانەو پاش ڕاستیو حەقیقەتیش هیچ شتێکی ترنیە بێجگەلە گومڕاهی، دەی ئیتر بۆ خۆتان لادەدەن لەوهەمو بەڵگە ڕاستو دروستانە؟

(٣٤) هەر ئاوەها چۆن ئەوتاوانبارانە لەخراپەو هاوبەشی دانان ناگەڕێنەوە هەربەو شێوەیە بڕیاری خوای تۆ دێتەجێ کەسزاو تۆڵەی توندوتیژە بۆ ئەوکەسانەی کەلە سنور دەرچوون چونکە بەبێگوما ئەوانە باوەڕناهێنن.

(٣٥) ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: ئایا لەو هاوبەشانەی کە دایانناوە هەیانە کە بتوانێت لە سەرەتاوە کەسێ دروست بکات لەپاشدا زیندوی بکاتەوە؟ پێیان بڵێ: هەرﷲ یە کە لە سەرەتاوە خەڵك دروست دەکات کە هەر ئەویشە لە پاشاندا زیندوی دەکاتەوە ئیتر ئێوە چۆن ئەو درۆو قسە پوچانە ئەکەن؟

(٣٦) پێیان بڵێ: ئایا لەوانەی کە ئێوە داتان ناوە بەشەریکی خوا هیچیان هەیە کە مرۆڤ ڕێنمونی بکات بۆ ڕێگای ڕاست؟ بڵێ: هەرﷲ یە کەمرۆڤ ڕێنمونی ئەکات بۆ حەقو ڕاستی، دەی ئایا ئەو کەسەی کە ڕێنمونی مرۆڤ ئەکات بۆ حەقو ڕاستی شایستەیە پەیڕەوی بکرێت یان ئەوەی کە خۆیشی هیچ نازانێ مەگەر ڕێنمونی بکرێت چ بەڵگەیەکتان هەیەو چۆن ئاوا بڕیارێك دەدەن؟ وەچۆن خالیقو مەخلوق یەکسان دەکەن؟!

(٣٧) خۆ زۆربەی ئەوانە پەیڕەوی لە هیچ شتێکی ڕاستو ڕەوا ناکەن بێجگە لە گومان، بێشك گومانیش لەبەرامبەر ڕاستیەوە هیچ دەورێك نابینێ، واتە: بیرو باوەڕ لەسەر گومان دانامەزرێت، ئینجا خوای گەورە هەڕەشە لەو جۆرە کەسانە دەکاتو دەفەرموێ: بێگومانﷲ زانەرە بەو ئیشانەی کە ئەوان دەیکەن. ئینجا خوای گەورە لەبارەی قورئانەوە دەفەرموێ:

(٣٨) ئا ئەم قورئانە قسەیەکی هەڵوەسراو نیە بەدەمی خوداوە بەڵکو ئەمە پەڕاوێکە دان دەنێت بەوەی کە لە پێش خۆیدا

هاتوون‌و بەراستیان ئەزانیّ‌و تیّت دەگەیەنیّت کەهەمویان لەیەك سەرچاوەوە هاتون‌و محمد یش ﷺ پێغەمبەری خودایەو وەدرێژەدەری پەڕاوی پێش خۆیەتی‌و روونکەرەوەی فرمانی ئەم قورئانەیە لە حەرام‌و حەلاڵ وفرمان‌و بەرگری کردن، کە هیچ گومانێکی تێدا نیەو لەلایەن پەروەردگاری عالەمەوە هاتووە. ئینجا خوای گەورە ئەچێتە سەر قسەیەکی تری بێ باوەڕان‌و وەڵامەکەیان‌و ئەفەرموێ:

(٣٩) یان دەڵێن: ئەمە هەڵبەسراوەو محمد ﷺ خۆی دروستی کردوە بەناوی خوداوە، پێیان بڵێ ئەگەر هەڵبەسراوە: دەی ئێوە سورەتێك بهێنن وەك سورەتێکی ئەوقورئانەو هاواروبانگ بکەنە هەر کەسێکیش کەئەتوانن بێجگەلەاللە بایارمەتیتان بدات ئەگەر راستگۆن لەوقسانەتاندا.

(٤٠) نەخێر ئەوان هەر بێ باوەڕن بەو قورئانەی کە ئەوان هیچێك لەزانیاری ئەونازانن‌و هێشتا بۆ ئەوان نەهاتوە ئەو هەڕەشانەی کەلەم قورئانەدا هەیە هەروەك ئەم کافرانەی ئێستا ئەوانەی پێش ئەمانیش پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستوە، جا تەماشاکەو بزانە چیان بەسەرهات‌و چۆن بوو بەسەرهاتی ستەمکاران، وەلەوانە هەندێکیان باوەڕی پێ دەکەن‌و هەندێکی تریان باوەڕی پێ ناهێنن‌و پەروەردگارت زاناترە بەوکەسانەی کەلاسارو خراپەکارن.

(٤١) جا ئەگەر ئەوان باوەڕیان نەهێنا بە تۆ ئەوسا تۆیش بڵێ: کرداری خۆم پاداشتی بۆ خۆمەو کرداری خۆتان سزاکەی بۆ خۆتانە، بەراستی ئێوە پەیوەندیتان نیە بەوەی کەمن دەیکەم‌و منیش پەیوەندیم نیە بەوەی کە ئێوە دەیکەن، تاوانی کەسمان نایەتە کۆڵی کەسمان‌و هەرکەس باری خۆی بەکۆڵ خۆیەتی.

(٤٢) ئەوسا لەوان کەسانێك هەن کەبەڕواڵەت گوێ لەتۆ ئەگرن وەکو خەلکی تر بەلام چونکە باوەڕیان پێت نیە هیچ سودێك لەوگوێگرتنە وەرناگرن‌و وەك کەڕ وان دەی ئایا تۆ ئەتوانی بەکەڕ قسە ببیسێنی؟ لەحاڵێکدا کە ئەوان لە هیچ حاڵی نەبن‌و فەهمی هیچ نەکەن؟

(٤٣) خۆ لەوانە هەندێك هەن کەبەچاو تەماشای تۆ دەکەن بەلام دڵیان لەلایەکی ترە ئایا تۆ ئەتوانیت رێگا بەکوێر نیشان بدەیت؟ لەحاڵێکدا کە ئەوان هیچ نەبینن؟ بەڵێ ئەمانە ئەگەر چی چاویان هەیە بەلام حەق نابینن‌و وەك کوێر رەفتار دەکەن، واتە تۆ ناتوانی باوەڕ لەوانەدا دروست بکەیت مادام خۆیان نایانەوێ.

(٤٤) بەبێگومان کە اللە هیچ ستەمێك لە خەلك ناکات کە رێنماییان ناکات چونکە ئەوان خۆیان لاسارن‌و هەوڵ نادەن بۆ تێگەیشتن‌و باوەڕ هێنان، وەبەراستی بەپێچەوانەوە خەلك خۆیان ستەم لە خۆیان ئەکەن‌و لاسارانە درێژە بە بێ باوەڕی‌و تاوانکاری ئەدەن تا رۆژی دادگاو حیسابیان جا ئەوکاتە بیر لەم ژیانە کەمە ئەکەنەوە وەك دەفەرموێ:

(٤٥) جارۆژی قیامەت کاتێ کە خودا کۆیان ئەکاتەوە وائەزانن کە بەشێکی کەمی رۆژێك نەبێ لەو دنیادا نەژیاون کەیەکتر ئەناسنەوە هەروەکو دنیا بەلام بێجگەلە قسەی ناشیرین بەیەك وتن‌و داخ‌و خەفەت خواردنێکی زۆر ئەو ناسینەوە هیچ سودێکی نابێ، بەراستی رەنجەڕۆ بوون ئەو کەسانەی کەبێ باوەڕ بوون بەگەیشتن بە دادگای اللە‌و ئەوان رێگای هیدایەتیان نەگرتبوو.

(٤٦) ئەی محمد ﷺ ئەگەر تا تۆماوی لەژیاندا هەندێ لەوسزایەی کەهەڕەشەمان لێ کردون بەسەریاندا بدەین یان تۆ ببەینەوە پێش ئەوەی سزای ئەوان بدەین چاك بزانە ئەوان هەربۆلای ئێمەدێنەوەوحیسابیان لەگەڵدا دەکەین لە پاش ئەوەی کەئەم دەنگ‌و باسەت زانی چاك بزانە کەاللە ئاگای لەو شتانە هەیە کەئەوان ئەیکەن‌و هیچی لێ پەنا نادرێت‌و گەورەو بچوکی کردارەکانیان تۆمار دەکرێت.

(٤٧) خۆ بۆ هەمو گەلێك نێرراوێکی خودا هەبووە، جا هەر کاتێك نێرراوەکەیان هاتوەتە لاو دژایەتیان کردوە، ئەوسا لە نێوان ئەواندا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بڕیار جێ بەجێ کراوەو لەناوبراون‌و ئەوان ستەمیان لێ ناکرێت هەرچیان بەسەر دێت بەرهەمی رەفتاری خۆیانە. بەراستی ئەمە هەڕەشەیەکی توندە بۆئەم ئوممەتەی پێغەمبەرمان ﷺ واتە: ئەگەر ئێوەش وەکو ئەوان رەفتاربکەن واتان بەسەر دێت، وەك ئەمڕۆ خۆمان بەچاوی خۆمان دەیبینین واخەریکی خواردنی تاڵاوی کردارە ناشەرعییەکانی خۆمانین کەبێجگەلە دوژمنی دەرەوە هەرلەخۆمان سەدان دەستەو پارچەمان لێ پەیدا بووەو یەکتر سزا دەدەین وئەمەش ستەممان لێ نەکراوە بەڵکو خۆمان هۆی پەیدابونین. بەڵێ بێ باوەڕان وابوون کاتێ پێغەمبەران‌و پیاوچاکان ئامۆژگاریان کردون لەباتی گوێڕایەڵی‌و پەشیمان بونەوە لە تاوان بەگاڵتەوە ئەڵێن: بابێت

وَلَوْ أَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ ظَلَمَتْ مَا فِي ٱلْأَرْضِ لَٱفْتَدَتْ بِهِۦ ۗ وَأَسَرُّوا۟
ٱلنَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ۖ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِ ۚ وَهُمْ
لَا يُظْلَمُونَ ﴿٥٤﴾ أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ أَلَآ إِنَّ
وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٥﴾ هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ
وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٥٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ
مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ
﴿٥٧﴾ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا
يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ
فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ ۖ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ
تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾ وَمَا ظَنُّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ
يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ
لَا يَشْكُرُونَ ﴿٦٠﴾ وَمَا تَكُونُ فِى شَأْنٍ وَمَا تَتْلُوا۟ مِنْهُ مِن قُرْءَانٍ
وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ
فِيهِ ۚ وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى
ٱلسَّمَآءِ وَلَآ أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْبَرَ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٦١﴾

ئەو سزاو قیامەتەی کە ئێوە باسی ئەکەن وەك لەو بارەوە ئەفەرموێ:

(٤٨) ئەڵێن: کەی ئەم سزایە دێت بۆ ئێمە ئەگەر ڕاست ئەکەن؟

(٤٩) پێیان بڵێ: من بۆ خۆیشم خاوەنی زیان‌و سود نیم مەگەر خواخۆی ئارەزۆ بکات کەبۆ هەمو نەتەوەیەك ماوەیەکی دیاری کراو هەیە هەرکاتێك ئەوماوە دیاری کراوە هات بۆیان ناتوانن یەك کات دوای بخەن‌و یەك کاتیش پێشی بخەن. واتە هاتن ونەهاتنی سزا بەدەست من نیەو تەنها خوا خۆی ئەتوانێ ئەوشتانە بکات منیش بەشەرێکم وەك ئێوە.

(٥٠) پێیان بڵێ ئەگەر سزای ئەو زاتە شەو یان ڕۆژ هات بۆتان ئێوە چی دەکەن‌و دەتوانن چی بڵێن؟ کەوابوو تاوانباران بۆچی ئەوەندە بە پەلەن بۆ هاتنی ئەو سزایە؟ خۆ ئەوەندەنەترس نین بەڵکو باوەڕیان بەهاتنی نیە، وەك دەفەرموێ:

(٥١) ئایا هەر کاتێ ئەو سزایە هات ئەو کاتە باوەڕ ئەهێنن؟جا کاتێ کە سزا هاتو دەرچونیان نییە ئا ئەو کاتە دەڵێن: باوەڕمان هەیە!! ئینجا پێیان دەوترێت ئائێستا باوەڕ ئەهێنن لە حاڵێکدا کە ئێوە لە پێشەوە پەلەی هاتنیتان دەکرد؟واتە پەشیمان بوونەوەی ئەوکاتە بێ سودە.

(٥٢) لەپاشان دەوترێت بە ئەو کەسانەی کەستەمیان کردوە قسە تازە سودی نیە بچێژن سزای هەتاهەتایی، ئایا پاداش درانەوە مەگەر بەگوێرەی ئەو کردارانە بێ کەلە پێشەوە کردبووتان؟ واتە: ستەمتان لێ نەکراوەو پاداشتی کردەوەی خۆتانە ئەو سزا سەختە کە ئێستا تێیدان. ئینجا ئەفەرموێ:

(٥٣) بەگاڵتەوە بەتۆ دەڵێن ئایا ئەم زیندوبوونەوەو پرسیارو وەڵامەی پاشە ڕۆژ ڕاستەو پاش ڕزین‌و نەمانمان زیندو ئەبینەوە؟ بڵێ: ئەرێ سوێند بەپەروەردگارم ئەوە ڕاستەو دێتەجێ‌و ئێوە ناتوانن ڕێگا لە خوا بگرن لە هێنانی ئەو ڕۆژەو زیندو کردنەوەتان، جا ئەو ڕۆژە پەشیمان ئەبنەوەو نازانن چی بکەن‌و کێ ڕزگاریان بکات‌و تەنگ‌و چەڵەمەیەکی وا ڕویان تێ ئەکات ،

(٥٤) ئەگەر بۆ هەر کەسێك کە ستەمی کردوە هەرچی لە زەویدایە موڵکی ئەوبێ، هەموی ئەدات بۆ ئەوەی لەو ڕۆژە ڕزگاری ببێ بەڵام لەو ڕۆژەدا خاوەنی یەك چڵە پوشیش نیەو ڕزگاری نابێ‌و ئەبێ تۆڵەی خۆی وەرگرێت جا ئەو کاتە پێشەکی پەشیمان ئەبێتەوە بەڵام پەشیمانیەکەی خۆی ئەشارێتەوە لەبەر ئەوەی کە ئاسراوانی‌و خزمانی لۆمەی نەکەن‌و تانەو تەشەری لێ نەدەن کاتێك کەئەو سزایە دەبینێ، وەحوکم ئەکرێت لە نێوانیان دا بە دادپەروەرانەو ئەوان ستەمیان لێ ناکرێت. وەدەگونجێت(وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّدَامَةَ) واتە (وَاظهروا الندامة) بەتەواوی پەشیمانی خۆی دەر ئەخات کاتێك کە سزا دەبینێ، چونکە (أسَر) لەناوە دژەکانە.

(٥٥) ئاگاداربن ئەوەی کەلە ئاسمانان‌و زەویدایە هەموی موڵکی الله یە، ئاگاداربن بەڕاستی بەڵێنەکانیالله ڕاستەو ئەوەی کەفەرمویەتی هەموو دێنەدی‌و هیچ شتێك ناتوانێ ڕێگای هاتنە دییان لێ بگرێت بەڵام زۆربەیان ئەم حەقیقەتە نازانن کە هەرخودایە کە زیندو دەکاتەوەو هەرئەوزاتەیشە کەدەمرێنێت‌و ئێوە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.

(٥٧) ئەی خەڵکینە بەڕاستی لە لایەن پەروەردگارتانەوە پەندو ئامۆژگاریتان بۆ هاتوە کە قورئانەوسارێژکەرو شیفایە بۆئەو نەخۆشیانەی کە لەناو دڵی مرۆڤەکاندا هەیە وەك دووڕوویی‌و بێ باوەڕی‌و خۆبەرستی، وەڕێ پیشاندەرو ڕەحمەتە بۆ باوەڕداران.

(٥٨) پێیان بڵێ بەهۆی فەزڵی خوداو سۆزی ئەوزاتەیە کەئەم قورئانە بەنرخە دراوە بەئێوە، جا با بەو فەزڵو رەحمەتەی خودا کەیف خۆشو شادمان بن چونکە پەیرەوی کردنی ئەو چاکترە لەوانەی کەئێوە لەدنیادا کۆی دەکەنەوە. ئینجا ئەفەرموێ:

(٥٩) بڵێ: پێم بڵێن ئەوەی کەﷲ رەوانەی کردوە بۆتان لەرزقو رۆزی، جا ئێوە بە ئارەزۆی خۆتان هەندێکتان لێ حەرامو هەندێکیشتان لێ حەڵاڵ کردوە بڵێ: ئایاﷲ ماوەی پێ داون بەم حەڵاڵو حەرام کردنە یان ئێوە درۆ بەدەم خوداوە دەکەن؟ ئاشکرایە کەﷲ ماوەی حەرامو حەڵاڵ کردنی نەداوەتە دەست مرۆڤ کەواتە درۆ دەکەن بەدەم خوداوە؟!

(٦٠) ئەوسا ئایا دەبێ چۆن بێت لەرۆژی قیامەتدا سزای گومانی ئەو کەسانەی کەدرۆ بەدەمی (ﷲ)ـەوە دەکەنوئەبێ خۆیان گومانیان چۆن بێ سەبارەت بەو درۆو دەلەسانە؟ بێگومان کەﷲ خاوەنی فەزڵو بەرەکەتە بۆ خەڵكو ماوەیان پێ ئەدا بەڵکو بیر بکەنەوە بەڵام زۆربەی ئەوان سوپاسی خوا ناکەنو ئەم ماوەدانە بە هیچ نازانن بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهۆی ماوە پێ دانیانەوە زیاتر لە خوا دوور دەکەونەوەو زیاتر دژایەتی خواو ئایینو باوەڕداران دەکەن. ئینجا خوا دەفەرموێ:

(٦١) تۆ لەناو هیچ کاروبارێکدا نابیو هیچ لەو پەڕاوەی خوا ناخوێنیتەوەو هیچ کردارێك ئەنجام نادەن مەگەر ئێمە ئاگادارو حازر بین لەسەرتان لەو کاتەی کە ئەتانەوێ ئەو کردارە بکەن، وە ون نابێت لە خوای تۆ بەئەندازەی زەڕیەك نەلە زەویو نەلە ئاسماندا، وەنەبچوکتر لەوەیشو نەگەورەتر مەگەر هەموی لە پەڕاوی رۆشنکەرەوەدا هەبێ واتە هەموی تۆمار کراوەو دەبێ ئاگات لەخۆت بێت. ئینجا ئەفەرموێ:

(٦٢) ئاگاداربن بێگومان کە دۆستانیﷲ نە ترسیان لەسەرەو نە غەم دەخۆن، بەڵێ دۆستانی خوا هەمیشە لەناو دڵدا کەیف خۆشو شادمانن بەلوتفو نیعمەتی پەروەردگاریانو دڵخۆشن بە پاشە رۆژیانو ترسی پاش خۆیان نیە سەبارەت بەعائیلەو منداڵیانو دڵتەنگ نابن بۆ رۆیشتنیان، جا چونکە ناسینی دۆستەکانی خودا پێویستە تاراستوناراست لەیەك جیابکەینەوە، لەبەرئەوەﷲ خۆی پێناسەو وەسفی ئەو دۆستانەی خۆی دەکاتو دەفەرموێ:

أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ
(٦٢) ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ (٦٣) لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ
فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَـٰتِ ٱللَّهِ ۚ
ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ (٦٤) وَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ ۘ إِنَّ
ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ۚ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ (٦٥) أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ
مَن فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَمَا يَتَّبِعُ ٱلَّذِينَ
يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُرَكَآءَ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا
ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ (٦٦) هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ
ٱلَّيْلَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ
لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ (٦٧) قَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًا ۗ
سُبْحَـٰنَهُۥ ۖ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ۖ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ
إِنْ عِندَكُم مِّن سُلْطَـٰنٍۭ بِهَـٰذَآ ۚ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا
لَا تَعْلَمُونَ (٦٨) قُلْ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ
لَا يُفْلِحُونَ (٦٩) مَتَـٰعٌ فِى ٱلدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ
نُذِيقُهُمُ ٱلْعَذَابَ ٱلشَّدِيدَ بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ (٧٠)

(٦٣) ئەو کەسانەن کە باوەڕیان هێناوەو خۆیان لەرقو قینی خودا دەپارێزن.{پێشەوا عومەر خوای لێ ازی بێت ئەڵێ: بیستم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموی:{إِنَّ مِنْ عِبَادِ اللهِ لَأُنَاسًا مَا هُمْ بِأَنْبِيَاءَ وَلَا شُهَدَاءَ يَغْبِطُهُمُ الْأَنْبِيَاءُ وَالشُّهَدَاءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِمَكَانِهِمْ مِنَ اللهِ تَعَالَى قَالُوا يَا رَسُولَ اللهِ تُخْبِرُنَا مَنْ هُمْ قَالَ هُمْ قَوْمٌ تَحَابُّوا بِرُوحِ اللهِ عَلَى غَيْرِ أَرْحَامٍ بَيْنَهُمْ وَلَا أَمْوَالٍ يَتَعَاطَوْنَهَا فَوَاللَّهِ إِنَّ وُجُوهَهُمْ لَنُورٌ وَإِنَّهُمْ عَلَى نُورٍ لَا يَخَافُونَ إِذَا خَافَ النَّاسُ وَلَا يَحْزَنُونَ إِذَا حَزِنَ النَّاسُ وَقَرَأَ هَذِهِ الْآيَةَ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ / ابوداود وغيره، صححه الالباني/ بەراستی لەناو بەندەکانی خوادا کەسانێك هەن کە نە پێغەمبەرنو نە شەهید، پێغەمبەرانو شەهیدان خۆزگەیان پێ ئەخوازن لە رۆژی قیامەتدا لەبەر ئەو جێگایەی کەهەیانە لەلای خوای باڵادەست، وترا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پێمان بڵێ کێن ئەمانە و کرداریان چی بووە تا ئێمەش خۆشمان بوێن؟ فەرموی: ئەوانە گەلێکن کە یەکیان خۆشدەوێو محەببەتیان لەبەر خودایە نەك خزمایەتیان لەنێواندابێت یان لەبەرماڵ بەیەکتردانیان، بەخوا قەسەم بێگومان دەمو چاویان نورەو لەسەر مەنارەی نورن غەم ناخۆن ئەوکاتەی کە خەڵك

۞ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ نُوحٍ إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ إِن كَانَ كَبُرَ عَلَيۡكُم
مَّقَامِي وَتَذۡكِيرِي بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَعَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلۡتُ فَأَجۡمِعُوٓاْ
أَمۡرَكُمۡ وَشُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ لَا يَكُنۡ أَمۡرُكُمۡ عَلَيۡكُمۡ غُمَّةٗ ثُمَّ ٱقۡضُوٓاْ
إِلَيَّ وَلَا تُنظِرُونِ ﴿٧١﴾ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَمَا سَأَلۡتُكُم مِّنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ
أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۖ وَأُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٧٢﴾
فَكَذَّبُوهُ فَنَجَّيۡنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ فِي ٱلۡفُلۡكِ وَجَعَلۡنَٰهُمۡ خَلَٰٓئِفَ
وَأَغۡرَقۡنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُنذَرِينَ
﴿٧٣﴾ ثُمَّ بَعَثۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِۦ رُسُلًا إِلَىٰ قَوۡمِهِمۡ فَجَآءُوهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ
فَمَا كَانُواْ لِيُؤۡمِنُواْ بِمَا كَذَّبُواْ بِهِۦ مِن قَبۡلُۚ كَذَٰلِكَ نَطۡبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِ
ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿٧٤﴾ ثُمَّ بَعَثۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِم مُّوسَىٰ وَهَٰرُونَ إِلَىٰ
فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِۦ بِـَٔايَٰتِنَا فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمٗا مُّجۡرِمِينَ ﴿٧٥﴾
فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ مِنۡ عِندِنَا قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰذَا لَسِحۡرٞ مُّبِينٞ ﴿٧٦﴾
قَالَ مُوسَىٰٓ أَتَقُولُونَ لِلۡحَقِّ لَمَّا جَآءَكُمۡۖ أَسِحۡرٌ هَٰذَا وَلَا يُفۡلِحُ
ٱلسَّٰحِرُونَ ﴿٧٧﴾ قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا لِتَلۡفِتَنَا عَمَّا وَجَدۡنَا عَلَيۡهِ ءَابَآءَنَا
وَتَكُونَ لَكُمَا ٱلۡكِبۡرِيَآءُ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا نَحۡنُ لَكُمَا بِمُؤۡمِنِينَ ﴿٧٨﴾

غەم ئەخواتو ناترسن ئەوکاتەی کە خەڵك ئەترسێتو ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ﴾ }

(٦٤) ئەمانە لەدنیادا مژدەی چاکیان بۆ هەیەو لە رۆژی قیامەتیشدا هەر مژدەی خۆشیان بۆ هەیە کە بەهەشتە کە بڕیاری خوا ناگۆڕێت ئەمەی کەباسکرا بڕیاری خودایەو پادشتی ئەوانە، بەراستی ئا ئەمەیە بەهرەی گەورە. لە پێغەمبەر ﷺ پرسیار کرا مژدەی دنیایان چی یە؟ فەرموی: {الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ يَرَاهَا الْمُسْلِمُ أَوْ تُرَى لَهُ/صححه الالباني/ مژدەی دنیایان خەوی چاکە خۆی ئەیبینێ یان پێوەی ئەبینن}.

(٦٥) باقسەی ئەوان تۆ غەمبار نەکات بەراستی عیزەت بەتەواوی هەر هی خودایەو بێجگە لە خوا هەموی بێ دەسەڵاتەو لە ناوچوە ئەگەر چی بەرواڵەت چەند رۆژێك لە دنیادا خۆی بەشت بزانێ، کەئەو بیسەری هەمو قسەکانتانەو زانەری هەمو کردارەکانتانە.کەواتە گوێ بەقسە ناشیرینەکانی ئەوان مەدە.

(٦٦) ئاگاداربن بێگومان مولکی اللهﷻ یە ئەوەی کە لە ئاسمانانو زەوی دایە، وەئەوان هاوبەشانێك ناپەرستن بێجگە لەاللهﷻ تەنها بۆ ئەوەیە کەسودیان پێ بگەیەنن لەلای اللهﷻ واتە خودی پەرستراوەکەیان مەبەست نیە، دەی ئەوانە لەو کردارەیان بێجگە لە گومان پەیڕەوی هیچیان نەکردوەو هیچ بەڵگەیەکی راستیان بەدەستەوەنیەو بەندایەتیو پەیڕەوییان تەنها لەسەر بناغەی گومانو درۆیە، دەگونجێت (ما) بۆ نەفی بێت، واتە ئەوە چینو چ نرخێکیان هەیە ئەوانەی کە بیجگە لەاللهﷻ دەیانپەرستن؟! ئینجا خوای گەورە هەندێکی تر لە بەڵگەکانی دەسەڵاتو هێزو سۆزی خۆی باس دەکات بۆمان تابەڵکو بیر بکەینەوەو خۆمان لە نەزانیو گومڕاهی رزگاربکەینو دەفەرموێ:

(٦٧) خوا ئەو زاتەیە کە شەوی دروست کردوە بۆتان تا بحەسێنەوەو ئارام بگرن تێیدا و رۆژیشی بۆ دروست کردون کە روناکە تا ئیشی تێدا بکەن واتە خوا ئەو زاتەیە کەلە زۆربەی هەرەزۆری ئەم زەوییەدا لە هەر بیستو چوار کات ژمێرێکدا بەشێکی تاریك ئەکات کە ئیسراحەتی تێدا بکەن و بەشێکی تری روناك دەکات تا هەوڵو کۆششی بژێوی تێدا بدەن ئاشکرایە ئەم گۆڕان کارییە بێجگەلە خوا بەکەس ناکرێت دەی بەبێگومان ئالەمەدا چەندین بەڵگەی گەورە لەسەر دەسەڵاتو سۆزی خودا هەیە بۆگەلێك کە شت وەرگرێو ببیسێت، بەڵگەکان بۆ هەمو کەسن بەڵام ئەوکەسەی کە مەبەستێتیو چاك گوێی بۆ ئەگرێت تەنها ئەو سودی لێ وەر ئەگرێت بۆیە ئەفەرموێت ﴿لِّقَوۡمٖ يَسۡمَعُونَ﴾ بۆ ئەوانەی کە دەبیستنو لە قسە تێدەگەن، دیسان با ئەداتەوە سەر قسەیەکی تری بێ باوەڕان کە

(٦٨) وتیان: الله منداڵی هەیە، پاكو بێ عەیبە ئەو زاتەو دەوڵەمەندو بێ نیازە، هەرمولکی ئەوزاتەیە ئەوەی کەلە ئاسمانانو زەوی دایە، دەی کە مولکی بو ئیتر چۆن ئەبێت بە هاوسەری یان ئەولادی؟! هیچ بەڵگەیەکتان لا نیە لەم بارەوە، ئایا ئێوە درۆ بەدەمی خوداوە دەکەنو شتێك دەڵێن دژی اللهﷻ کە خۆتان نایزانن؟

(٦٩) بڵێ بێگومان ئەوکەسانەی کە درۆ دەکەن بەدەمی خوداوە هەرگیز رزگار نابن.

(٧٠) ئەو درۆیانەی کەدیکەن تەنها رابواردنی چەند رۆژێکی دنیایەو سەرگەرم کردنەو هیچی تر. لە پاشان دەگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە، پاشان ئێمە پێیان دەچێژین سزایەکی زۆر بەهێز بە

هۆی ئەوەی کە لە دنیادا بێ باوەڕ بوون بە ئێمەو بە نیشانەکانمان. ئینجا خوای گەورە داستانی نوح پێغەمبەرمان عليه السلام بەکورتی بۆ باس ئەکات‌ودەفەرموێ:

٧١ ئەی محمدﷺ بخوێنەرەوە بەسەریاندا دەنگوباسی نوح، بەلکو پەندو ئامۆژگاری لێ وەرگرن‌و لە بێ باوەڕی واز بهێنن ئەو کاتەی کە وتی: بەگەلەکەی ئەی گەلی من: ئەگەر پلەو پایەی من‌و ئامۆژگاریەکانم بە نیشانەکانیﷻ لاتان گەورەیەو پێتان ناخۆشە کەیفی خۆتانەو من ئەوەم پێ سپێرراوە، ئەوسا هەر بەئەویش پشت دەبەستم دەی ئێوەش بڕیاری خۆتان وهاوبەشەکانتان دژی من بگرن، با لە بڕیارەکانتان دا سەبارەت بەمن هیچ پێچ‌و پەنایەکی تێدا نەبێ‌و ڕۆشن بێ لەپاش دا بڕیاری خۆتان دژی من بدەن‌و ماوەم پێ مەدەن، بێ منەت بن.

٧٢ خۆ ئەگەر ئێوە پشت هەڵ دەچەرخێنن‌و باوەڕم پێ ناکەن زیان لە خۆتان دەدەن ئەگینا من لەسەر ئەم بانگەوازەم داوای هیچ شتێك لە ئێوە ناکەم تا بڵێن توانامان نیەو پاداشتی من نیە بێجگە لەلایﷻ خۆی‌و من فرمانم پێ کراوە کە یەکێك بم لە موسڵمانان.

٧٣ بەڵام گەلەکەی لەباتی باوەڕهێنان بەدرۆیان خستەوە جا ئێمە خۆی‌و ئەوانەیش کە لەگەڵیدا بوون لەکەشتیەکدا ڕزگارمان کردن‌و کردمانن بە جێنشین‌و ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون بە نیشانەکانمان لەدەریای نیل خنکانمانن جاتۆش تەماشا بکە ئەی محمدﷺ وەنەی بینەر، ئەی ئەو کەسەی کە بەچاکی لە قورئان ورد دەبیتەوە تەماشا بکەو بزانە پاشە ڕۆژی ئەو کەسانەی کە ترسێنران چۆن بووەوچییان بەسەر هات.

٧٤ لەپاشان پاش نوح پێغەمبەرانی ترمان نارد بۆ سەر گەلەکانی خۆیان ئەوانیش بەبەلگە ئاشکراکان هاتنە ناو گەلەکانیان‌و بەرەو خواپەرستی بانگیان کردن بەڵام ئەوانیش باوەڕیان نەهێنا بەوەی کە خەڵکانی پێش خۆیان باوەڕیان پێ نەهێنا بوو، جا هەروەك ئەوان دڵی دەست درێژکاران مۆر دەکەین کە ئیتر حەق‌و ڕاستی نابیسن. ئینجا خوای گەورە ئەفەرموێ:

٧٥ لە پاش ئەوان موساو هارونمان بە نیشانەکانی خۆمانەوە نارد بۆ لای فیرعەون پیاو ماقوڵانی، لەباتی باوەڕهێنان خۆیان بەگەورە زانی‌و باوەڕیان نەهێناو ئەوان گەلێکی تاوانباربون.

وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ٱئۡتُونِي بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٖ ٧٩ فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ
قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلۡقُواْ مَآ أَنتُم مُّلۡقُونَ ٨٠ فَلَمَّآ أَلۡقَوۡاْ قَالَ
مُوسَىٰ مَا جِئۡتُم بِهِ ٱلسِّحۡرُۖ إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبۡطِلُهُۥٓۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُصۡلِحُ
عَمَلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٨١ وَيُحِقُّ ٱللَّهُ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ
ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٨٢ فَمَآ ءَامَنَ لِمُوسَىٰٓ إِلَّا ذُرِّيَّةٞ مِّن قَوۡمِهِۦ عَلَىٰ
خَوۡفٖ مِّن فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِمۡ أَن يَفۡتِنَهُمۡۚ وَإِنَّ فِرۡعَوۡنَ لَعَالٖ
فِي ٱلۡأَرۡضِ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٨٣ وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰقَوۡمِ إِن كُنتُمۡ
ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسۡلِمِينَ ٨٤ فَقَالُواْ عَلَى ٱللَّهِ
تَوَكَّلۡنَا رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةٗ لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٨٥ وَنَجِّنَا
بِرَحۡمَتِكَ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٨٦ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰ وَأَخِيهِ
أَن تَبَوَّءَا لِقَوۡمِكُمَا بِمِصۡرَ بُيُوتٗا وَٱجۡعَلُواْ بُيُوتَكُمۡ قِبۡلَةٗ
وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٨٧ وَقَالَ مُوسَىٰ
رَبَّنَآ إِنَّكَ ءَاتَيۡتَ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَأَهُۥ زِينَةٗ وَأَمۡوَٰلٗا فِي ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّواْ عَن سَبِيلِكَۖ رَبَّنَا ٱطۡمِسۡ عَلَىٰٓ أَمۡوَٰلِهِمۡ
وَٱشۡدُدۡ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُواْ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَلِيمَ ٨٨

٧٦ خۆ ئەو کاتەی کە حەق‌و ڕاستی لەلایەن ئێمەوە هاتەلایان وتیان: بێگومان ئەمە سیحرێکی ئاشکرایەو موسا ئەیەوێ بەم سیحرو جادوە ئێمە لەسەر ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆمان لابدات‌و خراپە بڵاو بکاتەوە بەسەر زەویدا.

٧٧ موسا عليه السلام وتی: ئێوە بەو ڕاستیەی کە هاتوەتە لاتان ئەڵێن ئەمە سیحرە؟ ئەگەر وابێ، دڵنیا بن کە جادوگەران هەرگیز ڕزگارنابن، واتە: ئەگەر ئێمە جادوگەربین هەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنین. بەڵێ بێ باوەڕان لەسەر قسەیەك ناوەستن بەلکو وەك بولبول بۆخۆ دزینەوە لەحەق هەر لەحزەیەك بەرەولایەك دەفڕن‌و لەملاولا قسە دێنن.

٧٨ وتیان: ئایا ئێوە هاتوونەتە لای ئێمە تا ئێمە لادەن‌و دوورمان بخەنەوە لەوەی کە باوو باپیرانمانی لەسەر بووە، وە تا ئێوە لەم زەوییەدا ببن بە گەورەو خاوەن دەسەڵات؟! واتە: بۆ ڕیاسەت وا دەڵێن‌و دەتانەوێ فرمان ڕەوای ئێمە بن لەم سەر زەویەدا ئەوسا ئێمە هەرگیز باوەڕتان پێ ناکەین

٧٩ فیرعەون وتی: هەمو جادوگەرانی زانام بۆ بهێنن تا بەرەنگاری ئەم جادوگەرە بوستنەوە.

قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا فَٱسْتَقِيمَا وَلَا تَتَّبِعَآنِّ سَبِيلَ
ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨٩﴾ ۞ وَجَٰوَزْنَا بِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْبَحْرَ
فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُۥ بَغْيًا وَعَدْوًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَدْرَكَهُ
ٱلْغَرَقُ قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِىٓ ءَامَنَتْ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسْرَٰٓءِيلَ
وَأَنَا۠ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٩٠﴾ ءَآلْـَٰٔنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ
مِنَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٩١﴾ فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ
خَلْفَكَ ءَايَةً ۚ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنْ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ﴿٩٢﴾
وَلَقَدْ بَوَّأْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مُبَوَّأَ صِدْقٍ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ
فَمَا ٱخْتَلَفُواْ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِى بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ
فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٩٣﴾ فَإِن كُنتَ فِى شَكٍّ مِّمَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ
فَسْـَٔلِ ٱلَّذِينَ يَقْرَءُونَ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكَ ۚ لَقَدْ جَآءَكَ
ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿٩٤﴾ وَلَا تَكُونَنَّ
مِنَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ
﴿٩٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ
﴿٩٦﴾ وَلَوْ جَآءَتْهُمْ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٩٧﴾

(٨٠) جا کاتێك جادوگەرەکان هاتن‌و لەلای فیرعەون کۆبونەوەو موسایش لە کاتی دیاری کراودا هات‌و ئامۆژگاری کردن‌و وتی: لە خوا بترسن ئەوەی کە ئێوە دەیکەن جادوگەرییەو جادو گەرانیش هەرگیز سەرناکەون، بەڵێ بەراستی ئەم ئامۆژگارییە کاری خۆی کرد وەك لە سورەتی (طه)دا دێت وئەوان وتیان ئەی موسا: یان تۆ ئیشی خۆت بکە یان ئێمە موسا وتی: ئێوە فڕەی بدەن ئەوەی کە فڕەی دەدەن، واتە: چی دەتوانن بکەن بیکەن بێ منەت بن.

(٨١) جا کاتێك کە ئەوان فرت‌و فێڵ‌و جادوی خۆیان کرد، موسا وتی: ئەوەی کە ئێوە کردوتانە جادوە، بێگومان کەالله هەڵی دەوەشێنێتەوەو لەناوی دەبات، بێگومان کەالله کرداری خراپەکاران چاك ناکات‌و نایەڵێت جێگا بگرێت‌و بگات بەمەبەستی خراپی خۆی.

(٨٢) ئەوسا الله کلیمەکان‌و بڕیارەکانی خۆی کە سەرکەوتن‌و رزگار کردنی چاکەکاران‌و لە ناوبردنی خراپەکارانە دێنێتە جێ، هەرچەند تاوانبارانیش پێیان ناخۆش بێت. بەڵێ جادو گەران سیحری خۆیان کردو بە بڕیاری خوا موسا عەسای خۆی فڕەداو هەمو شتەکانی ئەوانی قوت داو پاشان عەساکەی هەڵگرتەوە کە هەر عەساکەی جارانبو.

(٨٣) ئەگەر چی ئەم راستیەو چەندین راستی‌و نیشانەی گرنگتر لە موسا بینران کە چی باوەڕیان نەهێنا بە موسا بێجگە لە کۆمەڵێکی کەم لە گەلەکەی لەترسی فیرعەون‌و لە ترسی پیاو ماقوڵانی گەلەکەی کە نەك توشی بەڵاو سزایان بکەن، وەبێگومان کە فیرعەون زۆر سەرکەوتوو بەدەسەڵات بو لەسەر زەویداو خەڵك زۆر لێی دەترسان، خۆ بێگومان ئەو یەکێك بوو لەوانەی کە زیادەڕەو بوون‌و لە سنور دەرچوو بوون لەسەرپێچی فرمانیالله داو بە هەمو شێوەیەك ئازاری خەڵکی دەدا، لە چوار مێخە کێشانی خەڵك‌و سك دڕینی ئافرەتان‌و کوشتنی منداڵانەوە تا دژایەتی خوداو پێغەمبەران، ئینجا موسا دەستی کرد بەئامۆژگاری ئەو کۆمەڵە کەمەی کە باوەڕیان پێ هێنا بو.

(٨٤) وتی: ئەی گەلەکەم ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە الله هەیە جا تەنها پشت بەو ببەستن ئەگەر ئێوە موسڵمان‌و تەسلیمی فرمانی پەروەردگارن.

(٨٥) جا ئەوانیش وتیان: تەنها پشت بەالله دەبەستین‌و وتیان: ئەی پەروەردگارمان ئێمە نەکەی بەهۆی تاقی کردنەوەی گەلی ستەمکاران.

(٨٦) وەئەی پەروەردگارمان بەهۆی سۆزو بەزەیی خۆتەوە رزگارمان بکە لە گەلی بێ باوەڕان. بەڵێ: موسڵمان چەندە راست‌و دروست تربێت زیاتر پێویستی بەنزاو پاڕانەوە هەیە چونکە هەموشت بەدەستالله یەو ئەبێ لەگەڵ تەلاش‌و زەحمەتی خۆت دا چاوت تەنها لەو بێ‌و داوای یارمەتی تەنها لەو بکەیت، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(٨٧) جا ئێمە نیگاو وەحیمان کردە لای موساو براکەی کەبە گەلەکەت بڵێ: با لەو شارەدا یان لە میسردا خانو دروست بکەن، وە چونکە زۆر ئازار ئەدرێن با ماڵەکانتان بکەن بە قیبلەو لەماڵکانتان دا نوێژ بکەن تا زۆر نەکەونە بەرچاوی ستەمکاران‌و ئازارتان بدەن. لێرەدا بە چەند شێوەی تر باسکراوە بەڵام من ئەم شێوەم نوسی والله اعلم. ئینجا فەرموی: نوێژەکانتان بکەن وە موژدە بدەن بە باوەڕداران بە سەرکەوتن‌و بە بەهەشتی هەتا هەتایی.

(٨٨) موسا وتی: ئەی پەروەردگارم بێگومان تۆ بە فیرعەون‌و پیاو ماقوڵانی لە دنیادا شتی جوان‌و سامانی زۆرت پێداون، جا بەو هۆیەوە لە خۆیان یاخی بوون‌و دژایەتی ئیمە دەکەن، ئەی

پەروەردگارم: بەو هۆیەوە خەڵك لەڕێبازەكەی تۆ لادەدەن، ئەی پەروەدگارم: ماڵەكانیان لە ناو ببە تا ئەوەند لوت بەرز نەبن‌و خەڵكیان پێ نەخەڵەتێ، وە دڵیان ببەستە چونكە شایستەی ئەوە نین كە میهرەبانی‌و سۆزیان لەگەڵدا بكەیت. دیارە ئەم نزایەی وەختێ كردوە كە خوا تێی گەیاندوە كە تازە باوەڕناهێنن وەكو لە پاشدا ئەفەرموێ: چونكە ئەمانە باوەڕ ناهێنن هەتا سزای دەردناك بەچاوی خۆیان نەبینن.

٨٩ دوعاكەتان وەڵام درایەوەو قبوڵكرا، دەی ئێوەش راوەستن‌و خۆبگرن‌و بەردەوام بن لەسەر ئیشی خۆتان‌و نا ئومێد نەبن‌و گوێ شل مەكەن لە تانەو تەشەری نەزان‌و نەفامەكان‌و پەیڕەوی نەكەن لەرێچكەی ئەو كەسانەی كە هیچ شتێ نازانن لەبارەی ئایین‌و خوا ناسیەوە ئەگەر چی بۆ ژیانی دنیا زۆر زاناو پیتۆڵن، ئینجا خوای گەورە ئەفەرموێ:

٩٠ ئەوەی یەعقوبمان لەو دەریایە رزگاركرد. ئەوەبو خوای گەورە دەریای نیلی لەت كردو ئەو ئاوەتەڕەی وەكو دیواری شوشە وەستانی‌و ئەو قوڕەی ژێر ئاوەكەی زۆربەخێرای وشك كردەوەو ئەوان پەڕینەوەو فیرعەون‌و لەشكرەكەی گەیشتنە لێواری دەریا جافیرعەون كە دی دەریا لەت بوە لە باتی باوەڕهێنان‌و پەشیمان بونەوە وتی: ئەوتە ئاوەكەم لەت كردوە ئەگەر خودا نەبم چۆن شتی وادەكەم.
بەڵێ تاوانباران‌و مل هوڕان تا بە تەواوی نەكەونە داوەوە دان بەهەڵەی خۆیاندا نانێن جا فیرعەون خۆی وسەربازەكانی بەشێوەیەكی ستەمكارانەو دوژمنانە بە شوێن ئەواندا چوون تا بەموساو گەلەكەی بگەن‌و لەناویان ببەن بێ ئاگا لەوەی كەئەمە تەڵەیەو دەكەوێتە ناویەوەو تازە لێی رزگارنابێ، بەڵێ چون هەتا زۆریان نەما بۆ دەرچون‌و هیچ كەسیان لە وشكاییدا نەمانەوە، ئینجاﷻ فرمانی بە دەریاكرد كەوەك خۆی‌و جاران یەك بگرێتەوە، ئینجا فیرعەون زانی كەئەمە داوی ئەو بوەو تۆڵەی موساو قەومەكەیەتی‌ودەریا دایدەپۆشێت بۆیە لە وێدا پەشیمان بویەوەو وتی: باوەڕم هێناوە بەوەی كە هیچ پەرستراوێكی راستەقینەی تر نیە بێجگە لەو زاتەی كە ئەوەی یەعقوب باوەڕیان پێ هێناوەو منیش لە موسڵمانانم. لێرەدا دوو شتی وت: یەكەم ئیمانم هێناوە. دووهەم: وەمن لە موسڵمانانم. بەڵام خوای گەورە ئەفەرموێ:

٩١ ئائێستە باوەڕ دەهێنی كە دەزانی تازە رزگار نا بی؟ وە بەراستی تۆ لە پێش ئێستادا سەرپێچی‌و تاوانت كردوە، وە تۆ

فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ ءَامَنَتْ فَنَفَعَهَآ إِيمَٰنُهَآ إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّآ
ءَامَنُوا۟ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَتَّعْنَٰهُمْ
إِلَىٰ حِينٍ ﴿٩٨﴾ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَءَامَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ
جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٩٩﴾ وَمَا
كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَيَجْعَلُ ٱلرِّجْسَ
عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٠﴾ قُلِ ٱنظُرُوا۟ مَاذَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۚ وَمَا تُغْنِى ٱلْءَايَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠١﴾
فَهَلْ يَنتَظِرُونَ إِلَّا مِثْلَ أَيَّامِ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِهِمْ ۚ
قُلْ فَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴿١٠٢﴾ ثُمَّ نُنَجِّى
رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ حَقًّا عَلَيْنَا نُنجِ ٱلْمُؤْمِنِينَ
﴿١٠٣﴾ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمْ فِى شَكٍّ مِّن دِينِى فَلَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِينَ
تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِنْ أَعْبُدُ ٱللَّهَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُمْ ۖ وَأُمِرْتُ
أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٤﴾ وَأَنْ أَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا
وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٥﴾ وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ
مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ ۖ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾

لە ریزی خراپەكارانی، واتە: خوا باوەڕەكەی لێ وەرنەگرت چونكە گەیشتبوە حاڵێك تازە رزگار بوونی نەبوو وەك ئەو كەسانەیە كە گیان ئەگاتە قوڕگیان كە ئەوانیش لەو كاتەدا باوەڕیان لێ وەرناگیرێت وەكو لە سورەتی (النِّسَاء) دا باسكرا. بەڵێ سەرئەنجام فیرعەون‌و پەیڕەوانی لەو دەریایەدا كە خۆی پێ هەڵدەكێشا خنكاو موساو پەیڕەوانی رزگاریان بوو بەڵام دەسەڵات‌و هێزی فیرعەون ئەوەندە كاری كردبوە سەر بیرو بۆچونی ئەو خەڵكە هەندێك باوەڕیان نەدەكرد كە فیرعەن خنكابێ بۆیە خوای گەورە فەرموی:

٩٢ ئەمڕۆ لاشەكەی تۆ دەرئەخەین تا خەڵك بەچاوی خۆی ببینێ‌و دڵنیابن كە تۆ خنكاوی‌و بزانن كە هیچ كەس ناتوانێ دژایەتیﷻ بكات‌و دوژمنان لە دەستی دەرناچن هەرچی بكەن سەرئەنجام وەك فیرعەون‌و دارو دەستەكەی ئەكەونە داوەوەو بەرەو جیهانی هەتا هەتایی‌و لێكۆڵینەوە دەگەڕێنەوە، بەڵێ خوای گەورە لاشەكەی فیرعەونی خستە جێگایەكی بەرزەوە تا هەمو ببینن‌و تا بۆ ئەوانەی كەلە دوای ئەو دێن ببێتە نیشانەیەك لە سەرهێزو دەسەڵاتیﷻ و بزانن كە دژایەتی خوداو ئایین‌و پێغەمبەران (علیهم السلام) سەرئەنجامی ئاوایە. بەداخەوە مرۆڤ زۆر چاوی قەوییەو زوو شتی لەبیر دەچێتەوەو لەو روداوە گرنگانە پەندو ئامۆژگاری وەرناگرێت؟! وەك خوای

گەورە دەفەرموێ: ئەوسا زۆربەی خەڵك لە نیشانەكانی ئێمە بێ ئاگانو سودی لێ وەرناگرن!

٩٣ بەراستی ئێمە نەوەی یەعقوبمان لە شوێنێكی باشدا دانا كە هەرچی پێویست بوو تێیدا هەبوو كە بریتی بوو لە میسرو شامو لە هەمو شتێكی پاك رۆزی ئەوانمان دا، جا ئەم جولەكانە باوەڕیان بەهاتنی پێغەمبەرمانﷺ هەبوو زۆریش چاوەڕوانی هاتنیان دەكرد بەڵام كاتێ هاتو لە خۆیان نەبو هەرچەند كەدەیانزانی راستە كەوتنە دژایەتی وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ئەوسا ئەوان ناڕێك نەبوون لە هاتنی پێغەمبەردا تائەوكاتەی كە هاتەلایان بەڵام كاتێ كەهاتەلایان كەوتنە دژایەتیو بەدرۆ خستنەوەی جا خوا هەڕەشەیان لێ ئەكاتو دەفەرموێ: بێگومان پەروەردگارت لە رۆژی قیامەتدا لەبارەی ئەوشتەی كە ئەوان لەدنیادا ناڕێكن تێیداو دانی پێدا نانێن لە نێوانیاندا بریار دەدات، باوەڕداران رزگار دەبنوبێ باوەڕانیش سزادەدرێن.

٩٤ ئەی محمد ﷺ ئەگەر تۆ لە گوماندای سەبارەت بەوەی كە بۆمان ناردویت تۆ پرسیار بكە لەو كەسانەی كەوا پەڕاو دەخوێننەوە، واتە: تەوراتو ئینجیل چونكە ئەوان بە چاكی تۆ دەناسنو دەزانن كە تۆ راستیت. جا لێرەدا مەبەست ئەوكەسەیە كە گومانی لەم قورئانەدا هەبێ، جا دەفەرموێ: بەراستی لەلایەن پەروەردگارتەوە حەقیقەتو راستیت هاتە لا كە ئەم قورئانەیە، ئەوسا تۆ لەو كەسانە نەبی كەوا لە گومان دان سەبارەت بەم قورئانە.

٩٥ جا تۆ لەو كەسانە مەبە كە بێ باوەڕبوون بە نیشانەكانی ﷲ چونكە ئەگەر وابی بێگومان تۆ لە ریزی رەنجەڕۆو زیان لێ كەوتواندا دەبیت. ئەبێ ئەوەش بزانین كە كەسێ بڕیاری خوا دەرچوبێ بۆ باوەڕو كافربونی ئەوە هەروائەبێو كەس ناتوانێ دەست كاری بكاتو ئاشكرایشە خوا زانیاری تەواوی هەیە بەسەردروستكراوەكانیدا پێش ئەوەی دروستیان بكاتو لە سەر ئەو زانیاریەی بڕیاری خۆی نوسیوەو ئەفەرموێ:

٩٦ بەبێگومان ئەوانەی كە بڕیاری خوای تۆ بۆ لاساریو لارێیان دەرچوە تازە ئەوانە باوەڕناهێنن، واتە: تۆ گەیاندنی پەیامەكەت لە سەرەو لەسەر بێ باوەڕی ئەوان تۆ غەمگینو پەست مەبە. جا خوای گەورە سەبارەت بەم جۆرە كەسانە بڕیاری خۆی روون دەكاتەوەو دەفەرموێ:

٩٧ ئەگەر تۆ هەمو بەڵگەیەك بهێنی بۆیان تازە ئەم جۆرە كەسانە باوەڕ ناهێنن تا سزای دەردناك نەبینن، ئاشكرایە كەئەو كاتەش باوەڕهێنانیان بێ سودە. وەخوای گەورە دەفەرموێ:

٩٨ هیچ وڵاتێك نەبووە كە سزای بۆ هاتبێو لەو كاتەدا باوەڕیان هێنا بێتو سزاكەیان لەسەر لابرا بێت بێجگە لە گەلی یونس، بەڵام ئەم گەلە لەكاتێكدا كە سزایان بۆ هات پێش ئەوەی تێدا بچن لە ئیشی خۆیان پەشیمان بوونەوەو گەڕان بەشوێن پێغەمبەرەكەیاندا، چونكە لەپێشدا لە ناویاندا دەرچو بوو پەیدایان نەكرد بەڵام ئەمان بڕیاری راستەقینەیان داو باوەڕیان هێنا، جا لەوكاتەی كەباوەڕیان هێنا ئێمەیش ئەو سزایەمان لەسەر ئەوان لابرد كە سزایەكی سەرشۆڕكەربو لە دنیادا، وەئەوانمان ژیاند تاكاتی دیاری كراوی خۆیان، ئەم باسە بەدرێژتر لە سورەتی (الأنبِيَاءُ) و(الصَافَات)دا دێت.

٩٩ ئەی محمد ﷺ ئەگەر پەروەردگارت ئارەزۆی لێ بێ ئەوەی لەسەر زەویدایە هەموی باوەڕنەهێنێ. بەڵام دنیا بۆ تاقی كردنەوەیەو تۆ راگەیاندنو تێگەیاندنی خەڵكت پێ سپێرراوە. ئەم ئایەتە مەكیەو هێشتا جیهاد واجب نەبوە. ئایا تۆ زۆر لە خەڵك دەكەیت هەتا ببن بەباوەڕدار؟ نابی وابیت تۆ تەنها ئەوەت لەسەرە كە بەدڵێكی سافو بێ گەردەوە بانگەوازەكەی ئیسلام بەهەموكەس راگەیەنیت، جا خەڵكیش با بۆ خۆی بڕیاری خۆی بدات، جا بەم مانایە موحكەمە. بەراستی دەبێ ئەوە بزانین كەهیچ كەس لەتوانایدا نیە كە كەس هیدایەت بدات بێجگە لە ﷲو بانگەوازخوازانی ئایین دەبێ مرۆڤی زۆر هێواشو دڵسۆزو روخۆشبن لەگەڵ بانگ كراواندا بەڵكو باوەڕ بهێننو نابێ لەبەر بێ باوەڕیان رقیان لێ هەڵگرێت چونكە ئەگەر رق لە بێ باوەڕ هەڵگرێتوقسەی لە گەڵدا نەكات ئەی كێ بانگ ئەكات بۆ رێبازیﷲ؟ ئەبێ تەنها رقی لە كوفرو بێ دینیو بێ رەوشتی ببێتو هەوڵدات مەردم لەوانە رزگاربكاتو لە كۆمەڵگای شەیتانەوە بەرەو كۆمەڵگای خواناسان بیان هێنێو لە خوایش بپاڕێتەوە كە رێنماییان بكات .

١٠٠ چونكە هیچ كەسێك ناتوانێ باوەڕ بهێنێ مەگەر خوا خۆی ماوەی پێ بدات، ئەمەش بەهۆی لاساریو دڵ پیسی ئەو كەسە خۆیەتی بۆیە خوا رێنمایی ناكاتو كوفرو رەوشت پیسی لەسەر ئەو كەسانە دادەنێت كە ژیری خۆیان ناخەنە كارەوە تا راستیو ناراستی لەیەك جیا بكەنەوەو پەیڕەوی راستی بكەن،

جا کەسێ کە خوا ژیری پێداو پێغەمبەرو پەڕاوی بۆ نارد بەلام ئەو هەرخۆی گێل کرد ئایا شایستەی ئەوەنیە کەلە هەمو نازو نیعمەتێکی ﷻ بێوەری بکرێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا خوا لە دنیادا تەمەنی چاكو ماڵو سەروەتی زۆریشیان پێ ئەداتو زۆربەی هەرە زۆری سزاکەیان دوادەخرێت بۆ قیامەت کە هەرگیز ناخرێنە بەهەشتەوە، چونکە هیچ مرۆڤێکی بێ باوەڕ ناچێتە بەهەشتەوە، وەك پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ:{ لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا/ مسلم وغيره/ ناچنە بەهەشتەوە هەتا باوەڕ نەهێننوباوەڕ داریش نابن هەتا یەکترتان خۆش نەوێ}

(١٠١) ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: تەماشا بکەنو بزانن ئەوەی کە لە ئاسمانو زەویدا هەیە لە ئەستێرەو مانگو رۆژو دەریاو چیاو جۆرەها میوەو گوڵو گیاو هاتوچۆی مرۆڤ بەو کەشتیە گەورانە لە ناو دەریاکانداو هەزاران جۆر گیانلەبەرو باڵندە کە هەریەکەی تامو لەزەتێکی تایبەت بە ژیانی مرۆڤ دەدات، بەلام نە ئایەتەکانمان وە نە ترسێنەرەکانمان هیچیان سود ناگەیەنن بەگەلێك کەنایانەوێ باوەڕ بهێنن؟!

(١٠٢) ئایا بێجگە لە وێنەی ئەو سزاو رۆژگارە رەشەی کەسانی پێش خۆیان نەبێ چیتر چاوەڕێ دەکەن؟ واتە: با دڵنیا بن مادام باوەڕ بە تۆ نەهێنن بێجگە لەو وەزعە خراپەی گەلانی پێش خۆیان شتێکی تر بۆ ئەمانیش نیە، پێیان بڵێ: جا با چاوەڕوان بن بێگومان منیش هەر لەگەڵ ئێوەدا لەوانەم کە چاوەڕوانی دەکەن، بەڵێ ئەوان سزادران .

(١٠٣) لەپاشان ئێمە پێغەمبەرانی خۆمانو ئەو کەسانەیش باوەڕیان هێنا بوو رزگارمان کردن، هەر ئاوەها پێویستمان کردوە لە سەر خۆمان کە باوەڕداران رزگار بکەین، جا باوەڕداران باتەنها لەبیری بەهێزکردنی باوەڕەکانی خۆیاندابنولە خوا بترسن کە سەرئەنجام هەرئەوانن خۆش بەختو رزگار جا با بەکەمێ گێرەو کێشەی دنیا نائومێدو دەستە پاچە نەبن، ئەمە بڕیاری ﷻ یە.

(١٠٤) ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە گومانتان هەیە لەم ئاینەو لەم قورئانەی کە بۆ من هاتوە دەی باچاك بزاننو دڵنیابن کە من هەرگیز بەندایەتی ناکەم بۆ ئەوانەی کە ئێوە دەیانپەرستن بێجگەلە ﷻ بەلام من بەندایەتی ئەو خودایە دەکەم کە ئێوە دەمرێنێتو من دەستورم پێ دراوە کەلە باوەڕداران بم ئەوە ئیشی منو رێبازی منە.

(١٠٥) تۆ روی خۆت بکەرە ئەو ئاینەی کە رەوانەم کردوە بۆتو لە هەمو لاریو نارێکییەك خۆت دوور بگرەو تۆ لە ناو بت پەرستانو موشریکاندا نەبی.

(١٠٦) ئەوسا بێجگە لە ﷻ هاوار نەکەیتە ئەوەی کە نە سودت پێ دەگەیەنێتو نە دەتوانێ زیانت لێ بدات جا ئەی محمدﷺ ئەگەر تۆ ئاوەهات کرد بەراستی تۆ لە ریزی ستەمکاران حیساب دەکرێیت. ئەمە بۆ پێغەمبەرﷺ ئاوەهایە ئەی بۆ ئێمە دەبێت چۆن بێ؟

(١٠٧) جا ئەگەرﷻ دووچاری زیانێکت بکات هیچ کەس ناتوانێت ئەو زیانەت لەسەر لابات مەگەر خۆی، وەئەگەر خوا ئیرادەی خێرت بۆ بکات هیچ بەرپەرچێك نیە بۆ ئەو خێرو بەرەکەتەی ئەو، چونکە هەر خوا خۆی چاکەو خێری بێ سنوری هەیە کە دەیبەخشێت بەو کەسەی ئارەزۆی لێ بێ لە بەندەکانی، وەهەر خوایە کە زۆر لێ خۆش بوو زۆر بەسۆزە سەبارەت بەبەندەکانی. دەبا بەندەکانیشی بە وەفا بنو بەندایەتی راستو دروستی ئەو خودایە بکەن، ئینجا خوای زاناو کاربەجێ کۆتایی سورەتەکە ئەبەستێتەوە بە سەرەتاکەیەوە کەباسی قورئانی کرد وەودەفەرموێ:

(١٠٨) ئەی خەڵکینە بەراستی قورئانێکی راستو رەوان لەلایەن پەروەردگارتانەوە هاتوەتە لاتانو رێنماییتان دەکات بۆ هەمو ئیشێکی چاك، جا ئەو کەسەی کە رێگای هیدایەت بگرێت سودەکەی هەربۆ خۆیەتیو هەرکەسێکیش گومڕا بێت ئەوا زیانی گومڕاییەکەی لەسەر خۆیەتیو من چاودێرو نیگاهبان نیم بەسەر ئێوەوە کە نەیەڵم بەم لاولادا بڕۆن، من تەنها گەیاندنم لەسەرە.

(١٠٩) ئەی محمد ﷺ تۆ پەیڕەوی ئەوە بە کە وەحی ئەکرێتە لاتوخۆت بگرە لەسەر ئێشو ئازاری دوژمنان هەتا ﷻ بڕیاری خۆی سەبارەت بەوان دەداتو ئەو چاکترینی هەموو حاکمو

وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ وَإِن
يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ
وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٧﴾ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُمُ
ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِى لِنَفْسِهِۦ وَمَن
ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿١٠٨﴾ وَٱتَّبِعْ
مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ وَٱصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿١٠٩﴾

١١ سُورَةُ هُودٍ ١٢٣

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓر كِتَٰبٌ أُحْكِمَتْ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ ﴿١﴾
أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ إِنَّنِى لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ ﴿٢﴾ وَأَنِ ٱسْتَغْفِرُوا۟
رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَيُؤْتِ
كُلَّ ذِى فَضْلٍ فَضْلَهُۥ وَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ
كَبِيرٍ ﴿٣﴾ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٤﴾ أَلَآ إِنَّهُمْ
يَثْنُونَ صُدُورَهُمْ لِيَسْتَخْفُوا۟ مِنْهُ أَلَا حِينَ يَسْتَغْشُونَ ثِيَابَهُمْ
يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٥﴾

١١ سورەتی هود ١٢٣

سورەتی هود كە سورەتی یانزەهەمی قورئانە، لە مەكەدا دابەزیوەو سەدوبیستوسێ ئایەتە ، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی پەنجاوسێهەمەو پاش سورەتی (یونس)و پێش (یوسف) دابەزیوە. لە فەرمودەدا هاتوە كە پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: {شَيَّبَتْنِي هُودٌ وَالْوَاقِعَةُ وَالْمُرْسَلَاتُ وَعَمَّ يَتَسَاءَلُونَ وَإِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ /الترمذي، صححه الالباني/ هودو واقیعەو مورسەلاتو عەممە یەتەسائەلون وە كویرەت پیریان كردم} ناوی پێغەمبەر هود ﷺ یەك جار لە سورەتی شوعەراو یەكجار لە سورەتی ئەعرافو پێنج جار لەم سورەدا هاتوە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەلیف، لام، را، ئەم قورئانە پەڕاوێكە مەحكەم كراوە ئایەتەكانیو رێك وپێكنوبە شێوەیەكی چاكو رەوان بێژراوو داڕێژراون، پاشان درێژەی پێدراوەو رۆشن كراوەتەوە لەلایەن كەسێكەوە كە كار بە جێو زۆر بەئاگاو لێ زانە. بەڵێ ئەم پەڕاوە رێكو پێك بێژراوە چونكە (حكیم) داناوەو ئایەتەكانی درێژەی پێدراوەو رۆشن كراوەتەو ،چونكە (خبیر)ەو بەئاگایە بەسەر هەموو شتێكدا هەر لەبەر ئەوەیشە رەخنەگیر لەم قورئانە كافر دەبێت چونكە دژایەتی كردنی دانایيو ئاگایی خودایە.

(٢) خۆ ئەم قورئانە بۆیە رەوانەكراوە تا هیچ كەس نەپەرستن بێجگە لەخودا. وە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: بەڕاستی من بۆ ئێوە ترسێنەرو موژدەدەرم، بەڵێ ئەم پەڕاوە هاتوە بۆ ئەوەی كە بێجگە لە خوا بەندایەتی بۆ كەسی تر نەكرێت تەنها ئەو بە پەروەردگار بزانرێت، وە پێویستە بۆ چاوپۆشی لەتاوان تەنها داوا لەو بكرێت وەكو دەفەرموێ

(٣) جا داوای لێ خۆشبون لە پەروەردگاری خۆتان بكەن بۆ ئەو تاوانانەی كە لە پێشدا كردوتانەو هەمیشەیش هەر رووتان لە خوا بێتو بگەڕێنەوە بۆلای ئەو كە ئەتان ژیێنێت بەژیانێكی جوانو شیرین تا كاتی ناوبراو كە مردنە، چونكە هەر كەسێك ماوەیەكی دیاری كراوی خۆی هەیەو لەو ماوەدا كەمو زیادی بۆ ناكرێت، ئەوساخوای گەورە بەهەر كەسێك كە خاوەنی چاكەو بەندایەتیە خەیرو بەرەكەتی خۆی بەسەردا ئەرژێنێو پاداشتی ئەداتەوەو ئەگەر روویش لەم ئاینە وەرچەرخێننو پشتی تێ بكەن، خوا بێ نیازە لێتان بەڵكو ئەوسا من ترسم هەیە لێتان كە سزای رۆژی گەورە كە قیامەتە دوچارتان ببێت. پێویستە كە بزانن ژیانی باش تەنها سەروەتو سامان نیە بەڵكو ژیانی باشوخۆش دڵخۆشیە بەئاینده جا هەركەسێك لە بیری پاشە رۆژی خۆیدا بوو ئیشی باشی بۆ كرد دڵخۆشە بە هاتنی دوا رۆژو پاداشتی الله بەڵام ئەوكەسەی كە ئاگای لە پاشە رۆژنەبێ با هەموو ژیانی پڕلەنازو نیعمەت بێ شتێكی كەمەو هیچ روناكیەك لە ناودڵیدا نیەو هەمیشە لە مەرگو لە ناو چون ئەترسێو خۆشیو شادییەكەی دنیای لاتاڵ ئەبێ،

(٤) گەڕانەوەی ئێوە هەر بۆ لای خودایەو لەوێ تۆڵەو پاداشی كارەكانتان وەرئەگرنو ئەو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیەو هیچی لێ پەنانادرێتو هیچی لێ ناشاردرێتەوە،

(٥) ئاگادارbن كەئەوان رقو قینی خۆیان لەئاینو پێغەمبەر لە ناو دڵی خۆیاندا دەشارنەوەو بەرواڵەت خۆیان چاك پیشان دەدەن، دەیانەوێ بەم كارەیان خۆیان لە خودا بشارنەوە، تەنانەت هەندێ جار بۆ خۆشاردنەوە لە خواو نەبیستنی قورئانو فەرمودەكانی پێغەمبەرﷺ دەستیان دەخستە ناو

گوێچەکەیانەوەو سەری خۆیان دائەپۆشی تا هیچ نەبیسن‌و هیچ نەبینن، لێرەش دەفەرموێ: ئاگاداربن ئەو کاتەی کەوا لیباس ئەدەن بەخۆیاندا خوای گەورە ئاگای لەوە هەیە کە ئەیشارنەوە لەناو دڵیاندا، وەئەوەی کە بە ئاشکرا ئەیکەن چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بەوەی کەهەیە لەناو سنگەکاندا کەوابو چۆن شتی لێ ئەشارنەوە؟!

هەندێ ئەڵێن: کۆمەڵێك لە خاوەن باوەڕان لەسەردەمی پێغەمبەرمان دا ﷺ کاتێ زانایی‌و ئاگایی خودایان بەچاکی زانی بەلایانەوە شەرم بو خۆیان بەروتی دەرخەن‌و بچنەلای خێزانەکانیان چونکە ئەیان وت: خوا چاوی لێمانە جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی سەرەوەی ڕەوانە کردو فەرموی لەو بارەوە سەختگیری نیەو ئێوە هەرچی بکەن تەنانەت کە خۆتان دائەپۆشن لە شەوی تاریك‌و لە ناو ژوری خۆتاندا خوا ئاگاداری خەیاڵ‌و خەتەرەی ناودڵەکانتانە کەواتە چی لێ ئەشارنەوە؟ بەڵێ شەرم لەخودا زۆر چاکە بەڵام دەبێ ئەوشەرمە زیان بەبیرو باوەڕ نەگەیەنێ، دڵنیابە هەرچی بکەیت‌وهەرچی بڵێیت‌وهەرچی لەناودڵتابێ، بەئاشکراو بە نهێنی‌و بەرۆژی رۆشناو بەشەوی زۆر تاریك‌و خۆت بپێچی بەدەیان شتەوە لای خودا وەکو یەکەو هەموی دەزانێ، جا بۆ ئەوەی زانیاری خۆی رون بکاتەوە بۆ خەڵك دەفەرموێ:

(٦) ئەوسا هیچ شتێك نیە لەسەر ئەم زەوییەدا پێویستی بەیارمەتی‌و رۆزی هەبێ مەگەرخوا ئاگادارە لێی‌و بەلوتفی خۆی لەسەر خۆی پێویست کردوە کە بژێوی پێ بدات‌و دەزانێ لە کوێ دایە چ لەپێش بوون‌و چ لەپاش بوون، وەدەزانێ لە کوێدا بەئەمانەت دانراوە چ کاتێ لە پشتی باوکدایە یان لەناو رەحم یان لە ناو گۆڕ دایە چونکە هەموی پێش بونی ئینسان بەهەزاران ساڵ خوای زاناو کاربەجێ زانیویەتی کە هەموی تۆمارکراوە لە (لەوحی)پارێزراودا کە رۆشنکەرەوەی هەمو شتێکە. ئەمەش بەومانایە نیە کە مرۆڤ دانیشێ‌و ئیش نەکات بە چاوەڕوانی کردنی تۆمارکراوی ناولەوح چونکە ئێمە ئاگامان لەونوسراوەنیە، بەڵکو پێویستە مرۆڤ خۆی هۆیەکانی بژێوی بگرێتەبەرو تەمەڵ‌و تەوەزل لێی دانەنیشێت بەڵام چاوەڕوانی رۆزی هەر لە خوا بکات چونکە ئەگەر خوا رۆزی پێ نەدات ماڵی ناودەستیشی لەناوئەچێت، ئینجا خوای گەورە باسی دەسڵات وهێزی خۆی دەکات‌و دەفەرموێ:

(٧) جا خوا ئەو زاتەیە کە ئاسمانان‌و زەوی دروست کردوە لە شەش رۆژداو عەرشی خواپێش ئەوەی ئاسمانان‌و زەوی دروست

۞ وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزۡقُهَا وَيَعۡلَمُ مُسۡتَقَرَّهَا
وَمُسۡتَوۡدَعَهَاۚ كُلّٞ فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ﴿٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ وَكَانَ عَرۡشُهُۥ
عَلَى ٱلۡمَآءِ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗاۗ وَلَئِن قُلۡتَ
إِنَّكُم مَّبۡعُوثُونَ مِنۢ بَعۡدِ ٱلۡمَوۡتِ لَيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ
إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ﴿٧﴾ وَلَئِنۡ أَخَّرۡنَا عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابَ إِلَىٰٓ
أُمَّةٖ مَّعۡدُودَةٖ لَّيَقُولُنَّ مَا يَحۡبِسُهُۥٓۗ أَلَا يَوۡمَ يَأۡتِيهِمۡ لَيۡسَ
مَصۡرُوفًا عَنۡهُمۡ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٨﴾
وَلَئِنۡ أَذَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِنَّا رَحۡمَةٗ ثُمَّ نَزَعۡنَٰهَا مِنۡهُ إِنَّهُۥ
لَيَـُٔوسٞ كَفُورٞ ﴿٩﴾ وَلَئِنۡ أَذَقۡنَٰهُ نَعۡمَآءَ بَعۡدَ ضَرَّآءَ
مَسَّتۡهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ ٱلسَّيِّـَٔاتُ عَنِّيٓۚ إِنَّهُۥ لَفَرِحٞ فَخُورٌ ﴿١٠﴾
إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ
وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ ﴿١١﴾ فَلَعَلَّكَ تَارِكُۢ بَعۡضَ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيۡكَ
وَضَآئِقُۢ بِهِۦ صَدۡرُكَ أَن يَقُولُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ كَنزٌ أَوۡ جَآءَ
مَعَهُۥ مَلَكٌۚ إِنَّمَآ أَنتَ نَذِيرٞۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٌ ﴿١٢﴾

بکات لەسەر ئاوبوە جا خوا ئەمەی کرد تاتاقیتان بکاتەوەو ئاشکرا ببێ کە کام لە ئێوە چاکتر ئیش دەکات، وە ئەگەر تۆ بڵێیت: بەڕاستی ئێوە زیندو دەکرێنەوە لە پاش مەرگ بەدڵنیاییەوە کافران باوەڕ ناکەن‌و دەڵێن: ئەمە بێجگە لە جادویەکی ئاشکرا شتێکی ترنیەو شتی وا ناگونجێت. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ أَنْفِقْ أُنْفِقْ عَلَيْكَ وَقَالَ يَدُ اللَّهِ مَلْأَى لَا تَغِيضُهَا نَفَقَةٌ سَحَّاءُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَقَالَ أَرَأَيْتُمْ مَا أَنْفَقَ مُنْذُ خَلَقَ السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ فَإِنَّهُ لَمْ يَغِضْ مَا فِي يَدِهِ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ وَبِيَدِهِ الْمِيزَانُ يَخْفِضُ وَيَرْفَعُ./البخاري/ الله ی بەدەسەڵات‌و بەشکۆ دەفەرموێ: ببەخشە پێت دەبەخشم‌و پێغەمبەرﷺ فەرموی: دەستی ﷲ پڕەو بەخشین هیچی کەم ناکاتەوە کە نیعمەتی فرەوانەو بڵاوی دەکاتەوە شەوو رۆژو فەرموی: ئایا ئەزانن کە لەو رۆژەوە کە خودا ئاسمان‌و زەوی دروستکردوە دەبەخشێت ، ئەوسا بێگومان ئەو بەخشینە هیچی کەم نەکردوە لەوەی کە لەناودەستیدایە وعەرشی لەسەر ئاوبوەو هەر بەدەست خۆیەتی کێشانە کەنزم دەکاتەوەو بەرزدەکاتەوە}.

(٨) خۆ ئەگەر ئێمە سزای ئەوان دوابخەین تاماوەیەکی ژمێرراو بەگاڵتەوە ئەڵێن: چی رێگای گرتوەو نایەڵێت سزامان بۆ بێت؟ ئاگاداربن لە رۆژێکدا دێت بۆیان کەهیچ شتێك ناتوانێ

أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِۦ مُفْتَرَيَٰتٍ
وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٣﴾
فَإِلَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَآ أُنزِلَ بِعِلْمِ ٱللَّهِ وَأَن لَّآ إِلَٰهَ
إِلَّا هُوَ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٤﴾ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ
ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ
﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ ۖ وَحَبِطَ
مَا صَنَعُوا۟ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾ أَفَمَن كَانَ
عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِّنْهُ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ
مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ
مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ ۚ فَلَا تَكُ فِى مِرْيَةٍ مِّنْهُ ۚ إِنَّهُ ٱلْحَقُّ
مِن رَّبِّكَ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٧﴾ وَمَنْ
أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُعْرَضُونَ
عَلَىٰ رَبِّهِمْ وَيَقُولُ ٱلْأَشْهَٰدُ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰ
رَبِّهِمْ ۚ أَلَا لَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٨﴾ ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ
عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ كَٰفِرُونَ ﴿١٩﴾

لایبدات لێیان، جا چونکە سزاو تۆڵەی بێ باوەڕان راستە دەفەرموێ: وەهاتە سەریان سزای ئەوشتەی کەئەوان بێ باوەڕبوون پێ‌ی‌و گاڵتەیان پێ ئەکرد.

(٩) خۆ ئەگەر ئێمە مرۆڤ خۆشبەخت بکەین‌و نیعمەتی پێ بدەین لە پاشان لێی وەرگرینەوە ،بێگومان ئەو مرۆڤە هەم نائومێد ئەبێت‌وهەم خۆی توشی کوفر دەکات‌و بێزاری‌و ناڕەحەتی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بەتەقسیماتی خوای گەورە، بەراستی ئەمە هەڕەشەیەکی توندە لە مرۆڤ کە کاتێ لە خۆشی‌و نیعمەت دایە بەمولکی خوای نازانێ‌و سوپاسی ناکات بەڵام کاتێ لێی سەندرایەوە بەکاری خوای دەزانێ‌و بەنیشەکان‌و بەشەکانی خوا رازی نابێ، جا هەم ناسوپاسە هەم عەجول، وەك دەفەرموێ:

(١٠) ئینجا ئەگەر ئێمە نیعمەتی خۆمانی پێ بدەین لەپاش ئەو تەنگوچەڵەمانەی کە توشی بوون لە باتی سوپاس گوزاری‌و گەردن کەچی ئەڵێت: تازە ناخۆشی‌و تەنگوچەڵەمەم لەسەر لاچوو ئەم جۆرە روداوانە شتێکی سروشتین‌و هیچ پەیوەندییەکی بەکردارو رەوشتی منەوە نیەو دەسەڵات‌و هێزێکی تری نادیاری نیە، بەڕاستی ئەو بەو ئیشەی خۆی شادمانەو زۆر لوت بەرزەو لەو بەڵگە بەرزو بەنرخانەی خوا کەڵك وەرناگرن، بەڵام ئەوانەی کە بەڕاستی خوا ئەناسن لەهەمو بەرزو نزمی‌و خۆشی‌و ناخۆشییەکی ژیان پەندو ئامۆژگاری وەردەگرن‌و لە کاتی نیعمەت دا سوپاسی خوا ئەکەن‌و لەکاتی تەنگوچەڵەمەو گرانیدا خۆگرو ئارام ئەبن وەك لێرەدا دەفەرموێ:

(١١) بێجگە لەوانەی کە خۆیان گرتوە لەکاتی تەنگانەداو سوپاسی خوایان کردوەو کرداری چاکیان ئەنجام داوە، ئەم بەشەی مرۆڤ خۆش بەختەو هەمیشە چاوەڕوانی خۆشی بۆخۆیان ئەکەن چونکە خوای میهرەبان دەفەرموێ:کە ئەوانە لێخۆش بونیان بۆ هەیە لەلایەن خوای خۆیانەوەوهەروەها پاداشتێکی گەورەش چونکە خۆگرو چاکە کاربوون لەژیاندا، بەڵێ بێ باوەڕان هەمیشە خەریکی هەڕەشەو پیلان نانەوە بوون هەرگیز لە دوژمنکاری دەستیان نەکێشاوەتەوەو لایەنگرانی ئاینیان بە هەمو شێوەیەك چەوساندوەتەوەو بە توندی دژایەتی پێغەمبەریان ﷺ کردوە بەشێوەیەك کە ژیری وای لە مرۆڤ کردوە، با خۆی بدایە بەدەستەوەو ئاسانکارییان لە گەڵدا بکات چونکە هیچی تری پێ ناکرێت‌و ئەوان زۆرترو بەهێزترن، بۆیە خوای گەورە لێرەدا پێغەمبەرمان ﷺ ئامۆژگاری دەکات کە سست‌و لاواز خۆت پیشان نەدەیت‌و هیچ گوێ بە قسەی زل‌و هەڕەشەیان مەدەو زەڕەیەك لە کاری خۆت نەکشێیتەوە، ئەوەتە دەفەرموێ:

(١٢) لەوانەیە کە تۆ واز بهێنی لە هەندێك لەو شتەی کە ئێمە وەحیمان کردوەتە لات‌و دڵت بەو قسەی ئەوان ناڕەحەتە کە ئەڵێن: ئەگەر راستە با خەزێنەیەکی بۆ بهاتایەو فەقیر نەبوایە یا با فریشتەیەکی لەگەڵدا بوایە تا باوەڕمان پێ بکردایە مادام هیچ کامیانی نیە باوەڕی پێ ناکەین، خوای گەورە دەمکوتیان دەکات‌و دەفەرمێ: ئەی محمد ﷺ تۆ هەر ترسێنەرێکیت بۆئەوان‌و هیچ شتێکی ترت لەسەرنیەو تۆنابێ بەقسەی ئەوان ناڕەحەت‌و غەمگین بی‌و سستی لە گەیاندنی ئەم پەیامەدا بکەیت‌و خوا بەسەر هەمو شتێکدا ئاگادارەو چاوی لێ یە ئاگای لە ئیشی تۆیش‌و ئەوانیش هەیە، بەڵێ هەر لەسەر مەسئەلەی پێغەمبەرایەتی ئەڕواوت‌و دەفەرموێ:

(١٣) ئەوان دەڵێن کە ئەو قسانەی تۆ قسەی خودا نیەو درۆ بەدەم خوداوە ئەکەیت؟ دەی ئەگەر راستەو قسەی خودا نیە ودروستکراوەپێیان بلێ: با دە سوورەتی وەك ئەم قورئانە بهێنن کە دروستکراو بێت‌وکێ ئەتوانن بێجگە لە خوا بانگی بکەن

ئەگەر ئێوە راست ئەکەن‌و ئەم قورئانە دروستکراوی دەستی منە. قورئان پێ‌شەکی فەرموی: قورئانێکی وەك ئەم قورئانە بهێنن ئەگەر بەڕاستی نازانن نەیانتوانی پاشان لێرە فەرموی دە سورەت پاش ئەمەش وەکو لە سورەتی (بەقەرە)دا باسمان کرد فەرموی یەك سورەت بهێنن‌و فەرمویشی ناتوانن بیهێنن جا ئەگەر کەسێك زانابێ هەر ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بزانێت کەئەم قورئانە قسەی کەسێکە کەس بالادەستی نیەو باوەڕی پێ بهێنن، لێرەش دەفەرموێ:

١٤ جا ئەگەر ئەوانەی کە بانگیان لێ ئەکەن‌و داوای یارمەتیان لێ ئەکەن نەهاتنە کۆمەکتانەوە یان ئەگەر بێ باوەڕان وەلامی ئێوەیان نەدایەوە، ئەی موسڵمانان دەی بابزانن کە ئەم قورئانە هەربەگوێرەی زانیاری خودایەو کەس توانای دژایەتی ئەم قورئانەی نیەو بزانن کەهیچ خودایەك نیە بێجگە لەو زاتە ، جا ئایا ئێوە موسڵمان نین؟ واتە: دەی موسڵمان بن‌و خۆتان لە گێلی مەدەن ، ئینجا خوای گەورە باسی ژیان‌و ئایندەی کافران دەکات‌و دەفەرموێ:

١٥ هەرکەسێك مەبەستی تەنها ژیانی دنیاو رابواردن بێ‌و باوەڕی بە پاشە رۆژ نەبێ‌و کارو کۆششی هەر بۆ دنیابێ ئێمە بەتەواوی هەرچیەکیان ئەوێ پێ یان دەدەین لەم دنیایەدا وئەوان لەدنیادا زیانیان توش نایەت‌و ئاواتەکانیان بەزۆری دێتەجێ بۆ ئەو کەسەی کە خوا ئارەزۆ لێ بێ.

١٦ ئا ئەوانە کەسانێکن کەلە رۆژی دوایی دا بێجگە لە ئاگر نەبێت هیچی تریان بۆ نیەو بەتاڵ‌و هەڵوەشاوەیەو سودی لێ نابینن لە دوا رۆژدا لەوکردارانەی کە کردویانە لە دنیادا ،

١٧ ئایا ئەو کەسەی کە لەسەر چاورۆشنیە لە لایەن خودای خۆیەوەو لە ئایین تێ‌گەیشتوە وەکو ئەوکەسە وایە کە تەنها دنیای مەبەستە؟ نەخێر واتە باوەڕی بە قورئان هەبێ، وە ئەو قورئانە دەخوێنێتەوە شایەتێك لە لایەن خوێوە کە جوبرەئیلە، وەپێش ئەو قورئانەیش پەڕاوی موسا بوە کە تەوراتە کە ئەو پەڕاوە پێشەواو رەحمەت بووەو باسی ئەم قورئانەیشی تێدا تۆمارکراوە، جا ئەوانەی بەڕاستی باوەڕیان بەو پێشەواو رەحمەتە بووە ئا ئەوانە باوەڕ بەم قورئانەش ئەهێنن‌و هەرکەسێکیش بەو قورئانەی کە محمد ﷺ هێناوێتی باوەڕنەکات‌و بەبەرنامەی ژیانی خۆی نەزانێ لەم کۆمەڵانە هەمویان ئەوسا جێگای ئاگرە بۆ هەمیشەو هەرگیز رزگاری نابێت واتە ئەو خەڵکە لە پاش هاتنی پێغەمبەرمان ﷺ هەموی بە ئومەتی ئەو حیسابەو هەرکەسێك باوەڕی پێ نەکات کافرەو ناچێتە بەهەشتەوە ،جا نابێ تۆ لەم بارەوە گومانت هەبێ چ لە قورئاندا چ لە کافربونی ئەواندا بەڕاستی ئەمە بڕیارێکی راستە لەلایەن خوای خۆتەوە، کە قورئان پەڕاوێکی راستەو کافران دۆزەخ جێگایانە بەڵام زۆربەی خەڵك باوەڕ ناهێنن، ئینجا خوای گەورە زیاتر خراپی‌و ناپاکی کافران‌و سزاکانیان باس دەکات‌و دەفەرموێ

١٨ کێ هەیە ستەمکارتر لەو کەسەی کە درۆی بەدەم خوداوە کرد بێت؟ ئا ئەوانە لە رۆژی قیامەتدا ئەبرێنە دادگای خوداو حیسابیان لەگەڵدا دەکات، وە شایەتەکان هەمویان لەو کاتەدا ئەڵێن: ئائەمانە بوون کە درۆیان بەدەمی خوای خۆیانەوە ئەکرد جا جارچی جارئەدات‌و ئەڵێ: ئاگاداربن نەفرینی خوا لە ستەمکارانە.عەبدوڵای کوڕی عومەر دەڵێت لە پێغەمبەری خوا بیستم کە فەرموی: {إِنَّ اللَّهَ يُدْنِي الْمُؤْمِنَ فَيَضَعُ عَلَيْهِ كَنَفَهُ وَيَسْتُرُهُ فَيَقُولُ أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا فَيَقُولُ نَعَمْ أَيْ رَبِّ حَتَّى إِذَا قَرَّرَهُ بِذُنُوبِهِ وَرَأَى فِي نَفْسِهِ أَنَّهُ هَلَكَ قَالَ سَتَرْتُهَا عَلَيْكَ فِي الدُّنْيَا وَأَنَا أَغْفِرُهَا لَكَ الْيَوْمَ فَيُعْطَى كِتَابَ حَسَنَاتِهِ وَأَمَّا الْكَافِرُ وَالْمُنَافِقُونَ فَيَقُولُ الْأَشْهَادُ هَؤُلَاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى رَبِّهِمْ أَلَا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ /البخاري/ بەراستی الله باوەڕداران لە خۆی نزیك دەکاتەوە جا دای دەپۆشێت ئەوسا پێی دەفەرموێ: فلانە گوناهت لەبیر دێت جا یەژێ: بەڵی ئەی پەروەردگارم، فلانە گوناهت لەبیر دێت جا یەژێ: بەڵی ئەی پەروەردگارم، جا ئەو کاتەی کە دانی پێدا نا بە گوناهەکانی‌و هەستی کرد ئیتر لەناوچوە پەروەردگار پێی دەفەرموێ: لە دنیادا ئەو گوناهانە داپوشاندی جا ئەمڕۆش چاوپشیان لێدەکەم بۆت ئەوسا کتێبی چاکەکانی پێدەترێت، بەڵام بۆ کافران‌و مونافقان جا جارچی جارئەدات‌و ئەڵێ: ئاگاداربن نەفرینی خوا لەتەواوی ستەمکارانە.} ئینجا پیشەی ستەمکاران رۆشن دەکاتەوەو دەفەرموێ:

١٩ ئەو کەسانەی کەوا ئەبن بە بەرپەرچ لە رێگای خواداو نایەڵن خەڵکی بەرێگای خوادا بڕوات‌و باوەڕ بهێنن‌و ئەو ئایینەی ﷲ بە شێوەیەکی لارو نارێك پیشانی خەڵکی ئەدەن‌و هەوڵ ئەدەن کەلە بەرچاوی خەڵك ناشیرینی بکەن تا بتوانن خەڵکی لێ دور بخەنەوەو بیانکەن بە دوژمنی ئایین وخواناسان، ئەمانە بۆیە وابێ ترسانە دژایەتی ئەم ئایینە دەکەن چونکە ئەوانە بێ باوەڕن بە رۆژی دوایی، واتە: ئەو کەسانەی کەئەم وەسفانەیان تێ‌دا بو ستەمکارن‌و بەر نەفرینی خوا ئەکەون.

أُوْلَٰٓئِكَ لَمْ يَكُونُواْ مُعْجِزِينَ فِي ٱلْأَرْضِ وَمَا كَانَ لَهُم مِّن
دُونِ ٱللَّهِ مِنْ أَوْلِيَآءَۘ يُضَٰعَفُ لَهُمُ ٱلْعَذَابُۚ مَا كَانُواْ يَسْتَطِيعُونَ
ٱلسَّمْعَ وَمَا كَانُواْ يُبْصِرُونَ ﴿٢٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ
أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴿٢١﴾ لَا جَرَمَ أَنَّهُمْ
فِي ٱلْأٓخِرَةِ هُمُ ٱلْأَخْسَرُونَ ﴿٢٢﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَخْبَتُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِۖ
هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٣﴾ ۞ مَثَلُ ٱلْفَرِيقَيْنِ كَٱلْأَعْمَىٰ
وَٱلْأَصَمِّ وَٱلْبَصِيرِ وَٱلسَّمِيعِۚ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًاۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ
﴿٢٤﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦٓ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٢٥﴾
أَن لَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٍ
﴿٢٦﴾ فَقَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِۦ مَا نَرَىٰكَ إِلَّا بَشَرًا
مِّثْلَنَا وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ
ٱلرَّأْيِ وَمَا نَرَىٰ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلِۭ بَلْ نَظُنُّكُمْ كَٰذِبِينَ
﴿٢٧﴾ قَالَ يَٰقَوْمِ أَرَءَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَءَاتَىٰنِي رَحْمَةً
مِّنْ عِندِهِۦ فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُمْ أَنُلْزِمُكُمُوهَا وَأَنتُمْ لَهَا كَٰرِهُونَ ﴿٢٨﴾

﴿٢٠﴾ ئەوانە ناتوانن بەرگری لەسزای خوا بکەنو لە دەستی بڕیاری دەربچن و نەیەڵن کە هیچیان پێ بکات بەڵکو خوای گەورە بەهێزو دەسەڵاتی خۆی هەرچی بیەوێت لەگەڵیان دەکاتو بۆ ئەوانە بێجگە لە خوا هیچ یارمەتی دەرێکیان نیەو خوایش یارمەتیان نادات، لە رۆژی قیامەتیشدا سزایان بۆ چەند بەرامبەر دەکرێتەوە چونکە ئەوانە ناتوانن کەبیبیستنو نابینن ئەگەر چی گوێچکەو چاویشیان هەیە، چونکە خۆیان کەڕو کوێر کردوە نە قسە باشەکانیان بیستووەو نەلەوهەمو نیشانانەی بەرچاویان سودیان وەرگرتووەو لە دوا رۆژیشدا خۆیان دان بەم راستیەدا ئەنێن وەك لە سورەتی(الملك/١٠) دا هەیە (وَقَالُواْ لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِيٓ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ / ئەگەر بمان بیستایەو عەقڵمان بوایە ئێستا لەناو ئەم ئاگرە سوتێنەرەدا نەدەبوین)، ئینجا خوای گەورە سەبارەت بەمانە دەفەرموێ:

﴿٢١﴾ ئەوان بەڕاستی نەفسی خۆیان دۆڕاندوەو ون بوە لێیان ئەو درۆو دەلەسانەی کە دروستیان کردبو.

﴿٢٢﴾ بەڕاستی ئەوان لە رۆژی قیامەتدا رەنجەڕۆ ترین کەسن. وشەی(لاجرم)واتە حەقو سابتە، ئینجا خوا باسی چاکان دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٢٣﴾ بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوەو هەمیشە بەرەو خوای خۆیان هاتونو خۆیان بەکەمو گەردن کەچ پیشانداوە ئائەوانە رەفیقی دەستە ملی بەهەشتن ونەوانە بۆ هەمیشەیی لەناویدا ئەمێننەوە. ئینجا خوا وێنەی ئەو دوو کۆمەڵە بەم شێوەیە باس دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٢٤﴾ وێنەی ئەو دوو کۆمەڵە وەکو کوێرو کەڕو بینەرو بیسەرە. واتە کافر کوێرو کەڕەو باوەڕدار بیسەرو بینەرە دەی ئەو کەسەی کە هۆشی هەبێ بۆ نەبێ خۆی بباتە ئەو ریزەی کە کوێرو کەڕە؟! ئایا ئەم دوو وێنەیە وەکو یەکەن؟ نەخێر. دەی ئایا ئێوە هەر بیر ناکەنەوە؟ واتە حەق وایە بیر بکەنەوەو ژیری خۆتان بخەنەکارو تا کار لە کار نەترازاوەو تەوبە بکەنو بەو ماوەی کە ماوتانە پێشوی خۆتان چاك بکەنەوە تا بەهەشت لەدەست نەدەن ونەچنە ناو ئاگرەوە، ئینجا خوای گەورە بۆ زیاتر رۆشن کردنەوەی ئایندەی چاکەکارانو خراپەکاران داستانی چەند پێغەمبەرێك باس دەکات کە سەرئەنجام چاکەکاران چییان دەستکەو تووەو خراپەکارانیش بە چ رۆژێکی رەش گەیشتون لەم سورەتەدا باسی پێغەمبەران نوح وهودو ساڵحو لوت وشوعەیبو موسا کراوە پێشەکی باسی نوحو گەلەکەی دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٢٥﴾ وەبەڕاستی ئێمە نوح پێغەمبەرمان نارد بۆلای گەلەکەی وتی: بێگومان من ترسێنەرێکی ئاشکرام بۆ ئێوە، نوح عليه السلام یەکێکە لەو پێغەمبەرانەی کە تەمەنێکی درێژی کردوەو زۆر ماندوبوە بەبانگ کردنی گەلەکەی بۆ خوا پەرستیو وازهێنان لە شیركو بت پەرستی ، بەڵام ئەو گەلە زۆر نارێكو لاسار بوونو زۆر دژایەتی ئەوپێغەمبەرەیان کردوەو ژمارەیەکی زۆرکەم باوەڕیان پێ هێناوەو ماوەی دەعوەتەکەی نۆسەد وپەنجا ساڵ بووە لەم سورەتەدا بەشێکی زۆر لەبەسەرهاتی باسکراوە، ئەڵێن لەو ماوە زۆرەدا حەفتاودوو پیاوو ئافرەت باوەڕیان پێ هێناوە هەندێك ئەڵێن: هەشتا کەس کە ئەمەش لای سەرەو لەمە زیاتر نەبوون، بەڵی خوای میهرەبان بۆ رزگارکردنی خەڵك لە بت پەرستیو گومڕاهیو گەیاندنیان بۆ بەهەشت پێغەمبەرانی یەك لە دوای یەك رەوانەکردوەو هەمویشیان یەك مەبەستیان بووە کە بەندایەتی خودا بکەنو هاوبەشی بۆ دانەنێن وەك لێرەدا دەفەرموێ:

﴿٢٦﴾ نوح بەگەلەکەی وت: بێجگە لە الله بەندایەتی بۆ هیچ شتێکی تر نەکەن، چونکە ئەگەر بەندایەتی بێجگە لەو بکەن

بێگومان من ئەترسم کە ئێوە دوچاری سزای پڕمەترسی ودەردناك ببن، چ کاتی هاتنی تۆفان یان هاتنی قیامەت، جا لە جیاتی سوپاس کردنو گوێڕایەڵی کەوتنە گاڵتەپێ کردنیو سوك تەماشا کردنی خۆیو بانگەوازەکەیو پەیڕەوانی،

(٢٧) ئەوە بو ئەشراق گەلەکەیو ئەوانەی کە بێ باوەڕبوون وتیان: ئێمە تۆ بێجگە لەوەی کەبە بەشەرێکی وەکو خۆمانت دەزانین شتێکی زیاتر لە وە نیتو ئێمە نابینین ئەو کەسەی کە پەیڕەوی تۆیە مەگەر ئەوانەی کە زۆر سوكو سادەن لە ناو ئێمەداوروالەت بینو لە شت تێ ناگەن، وە ئێمە وانازانین کە ئێوە هیچ فەزڵو جیاوازیەکتان هەیە بەسەر ئێمەدا بەڵکو ئێمە وا گومان دەبەین کە ئێوە درۆ ئەکەنو ئێوە پێغەمبەری خودا نین. هەروەك ئەمڕۆ هەر موسڵمانێك بجوڵێتەوە بەسادەو ساویلکەو بێ تەجرەبە ناو ئەبرێنو قسەکۆنەکان بە با دەکەنەوەو خۆیان بەزاناو فامیدەش دەزانن؟! ئینجا خوای گەورە وەڵامی نوح مان بۆ تۆمار دەکاتو دەفەرموێ:

(٢٨) نوح وتی: ئەی گەلی من پێم بڵێن ئەگەر من لەسەر رێگای راستو چاو رۆشنی لەلایەن پەروەردگارمەوە بمو ئەو زاتە لەلایەن خۆیەوە پەیامی رەحمەتو سۆزی بە من دابێ بەڵام ئەم راستیە لەلای ئێوە شاراوە بێتو لێی تێ نەگەن تاوانی من چییە ، ئایا من هەر بە زۆر ئێوە بچەسپێنم بەئەم رەحمەتو پەیامەی خوداوە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێوە رقتان لێی بێت؟! واتە : شتی وانابێو ئەبێ ئێوە لەم پەیامە حاڵی ببنو بەدڵەوە وەری بگرنو ئیشی پێ بکەن ئینجا ئێوە ئەبن بەخواناسو خۆشیو سەعادەتی پاشە رۆژتان دەست ئەکەوێت نەك بەزۆرو ناچاری گەردن کەچ بکەن وەك لە سورەتی بەقەرەدا دەفەرموێ:﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ/ زۆر کردن لە باوەڕ هێناندا نیە﴾ و لەوێ ئەم باسە قسەی زیاتری لە سەر کراوەو دوبارەی ناکەینەوە.

(٢٩) ئینجا نوح زیاتر بەراگەیاندنی پەیامەکەیەوە خەریك ئەبێو ئەڵێ: ئەی گەلی من باش بزانن کەمن لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامە بە ئێوە داوای ماڵ وسامان ناکەم تا بڵێن بارمان قورسەو بۆمان ئەنجام نادرێت، من لەسەر ئەم بانگەوازە هیچ پاداشتم نیە بێجگە پاداشتی لای خوا، ئینجا وتیان تۆ ئەم سادەو کەم فامانەی دەوری خۆت دەرکە وتی: ئەوسا من هەرگیز ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو پەیڕەوی ئایین دەکەن دەریان ناکەم بێگومان کە ئەوانە ئەگەن بەخوای خۆیانو

وَيَٰقَوۡمِ لَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مَالًاۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۚ وَمَآ
أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۚ إِنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمۡ وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ
قَوۡمٗا تَجۡهَلُونَ ﴿٢٩﴾ وَيَٰقَوۡمِ مَن يَنصُرُنِي مِنَ ٱللَّهِ إِن طَرَدتُّهُمۡۚ
أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٣٠﴾ وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ
أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ وَلَآ أَقُولُ إِنِّي مَلَكٞ وَلَآ أَقُولُ لِلَّذِينَ تَزۡدَرِيٓ
أَعۡيُنُكُمۡ لَن يُؤۡتِيَهُمُ ٱللَّهُ خَيۡرًاۖ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا فِيٓ أَنفُسِهِمۡ إِنِّيٓ إِذٗا
لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣١﴾ قَالُواْ يَٰنُوحُ قَدۡ جَٰدَلۡتَنَا فَأَكۡثَرۡتَ
جِدَٰلَنَا فَأۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ
إِنَّمَا يَأۡتِيكُم بِهِ ٱللَّهُ إِن شَآءَ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ ﴿٣٣﴾ وَلَا يَنفَعُكُمۡ
نُصۡحِيٓ إِنۡ أَرَدتُّ أَنۡ أَنصَحَ لَكُمۡ إِن كَانَ ٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يُغۡوِيَكُمۡۚ
هُوَ رَبُّكُمۡ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٣٤﴾ أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ
قُلۡ إِنِ ٱفۡتَرَيۡتُهُۥ فَعَلَيَّ إِجۡرَامِي وَأَنَا۠ بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُجۡرِمُونَ ﴿٣٥﴾
وَأُوحِيَ إِلَىٰ نُوحٍ أَنَّهُۥ لَن يُؤۡمِنَ مِن قَوۡمِكَ إِلَّا مَن قَدۡ ءَامَنَ
فَلَا تَبۡتَئِسۡ بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٣٦﴾ وَٱصۡنَعِ ٱلۡفُلۡكَ بِأَعۡيُنِنَا
وَوَحۡيِنَا وَلَا تُخَٰطِبۡنِي فِي ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ إِنَّهُم مُّغۡرَقُونَ ﴿٣٧﴾

بەهرەی خۆیان وەرنەگرن بەڵام بێگومان من واتان دەبینم کەئێوە گەلێکن خۆتان نەزان دەکەن.

(٣٠) ئەی گەلی من کێ یارمەتیم ئەداتو رزگارم دەکات لەدەست سزای الله ئەگەر من ئەوان بتۆرێنمو دەریان بکەم؟ دەی ئایا ئێوە بیر ناکەنەوەو لە دژایەتیم دەس هەڵگرن.

(٣١) خۆ من ناڵێم بە ئێوە کە خەزێنەکانی الله لەلای منەو هەرکەس هەرچی ویست پێی دەبەخشمو من غەیب نازانمو من ناڵێم کە فریشتەمو هەرگیز بەوانەیش کە لە بەرچاوی ئێوەدا سووکنو بە نەفامو نەزانیان ئەزانن ناڵێم خوای گەورە هیچ چاکەو خێرتان پێ نادات چونکە خوا خۆی دەزانێت بەوەی کەلە ناو دڵی ئەواندا هەیە جا ئەگەر من پاڵ بەوانەوە بنێم لەبەر دڵی ئێوەو لە خۆمیان دوور بخەمەوە بێگومان من ئیتر هەر لەو کاتەدا لە ستەمکارانم. بەڵێ ئەو گەلە لاسارە لە جیاتی پەشیمان بوونەوەو پەیڕەوی کردنی نوح،

(٣٢) وتیان: ئەی نوح بەڕاستی تۆ کێشەو باست کردوە لە گەڵ ئێمەدا ، ئەوسا لە سنورت تێ پەڕاندوەو زۆردەمەدەمەت کردوە لەگەڵمان دا بەسە ئەگەر لە راستگۆیانی بائەو سزایە بێت کە

وَيَصْنَعُ ٱلْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِّن قَوْمِهِۦ سَخِرُواْ
مِنْهُ قَالَ إِن تَسْخَرُواْ مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ ﴿٣٨﴾
فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ
مُّقِيمٌ ﴿٣٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَمْرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ قُلْنَا ٱحْمِلْ فِيهَا
مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ
وَمَنْ ءَامَنَ وَمَآ ءَامَنَ مَعَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٤٠﴾ ۞ وَقَالَ ٱرْكَبُواْ
فِيهَا بِسْمِ ٱللَّهِ مَجْر۪ىٰهَا وَمُرْسَىٰهَآ إِنَّ رَبِّى لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٤١﴾ وَهِىَ
تَجْرِى بِهِمْ فِى مَوْجٍ كَٱلْجِبَالِ وَنَادَىٰ نُوحٌ ٱبْنَهُۥ وَكَانَ
فِى مَعْزِلٍ يَٰبُنَىَّ ٱرْكَب مَّعَنَا وَلَا تَكُن مَّعَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٤٢﴾
قَالَ سَـَٔاوِىٓ إِلَىٰ جَبَلٍ يَعْصِمُنِى مِنَ ٱلْمَآءِ قَالَ لَا عَاصِمَ
ٱلْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ إِلَّا مَن رَّحِمَ وَحَالَ بَيْنَهُمَا ٱلْمَوْجُ فَكَانَ
مِنَ ٱلْمُغْرَقِينَ ﴿٤٣﴾ وَقِيلَ يَٰٓأَرْضُ ٱبْلَعِى مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ
أَقْلِعِى وَغِيضَ ٱلْمَآءُ وَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ وَٱسْتَوَتْ عَلَى ٱلْجُودِىِّ وَقِيلَ
بُعْدًا لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ وَنَادَىٰ نُوحٌ رَّبَّهُۥ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ
ٱبْنِى مِنْ أَهْلِى وَإِنَّ وَعْدَكَ ٱلْحَقُّ وَأَنتَ أَحْكَمُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٤٥﴾

ئێمەت پێ دەترساند ئیتر قسەو باس بەسەو باوەڕت پێ ناکەین.

(٣٣) نوح وتی: ئەو سزایە نایەت مەگەر خوا خۆی بیهێنێت ئەگەر ئارەزۆی لێ بێتو ئێوە ناتوانن خوا دەستە پاچە بکەنو ڕێگا لەو سزایە بگرن هەرکاتێ هات.

(٣٤) خۆ سودی نابێت بۆ ئێوە ئامۆژگاریەکانم ئەگەر چی من ئەمەوێ بەچاکی ئامۆژگاریتان بکەم بەڵکو ڕێگای ڕاست بدۆزنەوە مادام خوا بیەوێ ئێوە سەر لێ شێواو گومڕا بکات، واتە: هەمو شت بەدەست خودایەو مرۆڤ ئەبێ ڕێنمایو هیدایەت هەرلە خوا داوابکاتو خۆی لە خوا بێ نیاز نەزانێ چونکە هەرخۆیەتی پەروەردگارتانو هەرچی ئارەزۆ بکات هەر ئەوە دەبێ، وە هەر بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە. جا لە باتی وەڵام دانەوەی بەچاکی وباوەڕپێ هێنانی زیاتر دژایەتیان دەکرد.

(٣٥) بەڵکو ئەیان وت: ئەمە هەڵبەسراوی دەستی خۆیەتیودرۆ بەدەم خوداوە دەکات پێیان بڵێ: ئەگەر من ئەم پەیامەم هەڵبەستبێتو درۆ بە دەم خوداوە بکەم خۆ تاوانەکەی لەسەرخۆمەو ئێوە زیان ناکەنو من بەریمو دوورم لەو درۆو تاوانانەی کە ئێوەدەیلێنو دەیکەن. هەندێك دەڵێن: ئەم ئایەتە قسەو دژایەتی کافرانی مەکەیەو وەڵامی پێغەمبەرمانە بۆ ئەوان بەڵام مانای ئەوەڵ نزیکترە و باسەکەی نوح لە یەکتر نابچڕێت ، ئینجا پاش ئەو تاڵو سوێریە زۆرەی کە نوح ﷺ لەسەر بانگی گەلەکەی بۆ ئاینی خوداو وازهێنان لە بت پەرستی، خوای گەورەو زانا نوحی ئاگادار کردەوە کەکاتی هاتنی سزا نزیکە چونکە ئەو گەلە تازە هیچ خەێریان تێدا نەماوە، دەفەرموێ:

(٣٦) وەحیمان کردە لای نوح کە ئیتر هیچ کەس لەو گەلەی تۆ باوەڕ ناهێنێت بێجگە لەو کەسەی لەپێش ئیستادا باوەڕی هێنا بێت ، جا کەوابو تۆ نائومێد مەبە بەو کارانەی کە ئەوان دەیکەنو هەرچی ئەکەن با بیکەن تۆ خەریکی شتێکی تر ببە، ئەویش دروست کردنی کەشتییەکە لەو وشکاییەدا وەك خوای گەورەو زانا دەفەرموێ:

(٣٧) وتمان: لە ژێر ڕێنمایو چاودێریو نیگای ئێمەدا کەشتیەك دروست بکەو ئیتر تۆ لە بارەی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان نەهێناوەو ستەمیان لە خۆیان کردوە قسەم لەگەڵدا مەکەو تکایان بۆ مەکە ،چونکە ئەوان ئەخنکێنرێن.

(٣٨) جا دەستی کرد بە دروست کردنی کەشتی. خۆ ئیتر دەمیان کرایەوە بۆ تانەو تەشەر لێدانی چونکە کەشتی پێویستی بەوە بوو چەند ساڵێك ئەو درەختانە بنێژرێ کە تەختەی لێ دروست ئەکرێت، جا وتیان: وازی لە پێغەمبەرایەتی هێناوەو خەریکی باخەوانیەو پاش بڕانی دارەکانو تاشینو بە تەختەکردنیان دیارە ئەویش ماوەیەکی بردوەو وتیان: وازی لەویش هێنا واخەریکی دارتاشیە ، جا کاتێك خەریکی دروست کردنی کەشتیەکە بوو زیاتر دەمیان کرایەوەو ئەیان وت: ئێمە زوو وتمان کە ئەم پیاوە شێتە ئەوەتە لەم وشکاییەدا خەریکە کەشتی دروست دەکات، ئا بەم شێوەیە ئازاریان ئەداو گاڵتەیان پێ ئەکردو هەر کاتێك کۆمەڵێك لە گەلەکەی بەلایدا تێپەڕبونایە گاڵتەیان پێ کردوەکە نوحیش علیه السلام پێیدەوتن ئەگەر ئێوە ئێستا گاڵتە بەئێمە دەکەن ،بێگومان کە ئێمەش گاڵتە بە ئێوە دەکەین ئەو کاتەی کەسزاتان بۆ هات وەکوو ئێستا ئێوە گاڵتە بە ئێمە دەکەن.

(٣٩) ئەوسابەم زوانە ئەزانن چ کەسێك سزایەکی سەر شۆڕکەری بۆ دێت و بەسەرکێدا سزای هەمیشەیی ئەچەسپێت؟

بەسەر منو پەیرەوانم یان بەسەر نێوەی بێ باوەڕو بت پەرستو نەزان؟ بەڵێ ئەم گەلە لەسەر بێ باوەڕی خۆیان سووربونو نوحیش کەشتی خۆی تەواو کرد ، جا نوح عەرزی پێشگای خودای کرد کە چۆن بزانم سزا کەی دێتو بەچی هەستی پێ بکەم تا پەیرەوانم ئاگاداربکەمەوەو سواری کەشتی ببن، خودایش پەیامی بۆ نارد کە هەرکاتێ ئاوت دی هاتە دەرەوەلەو تەنورەی کە هەتانە ئەوە بزانە کاتی سزایە وەك دەفەرموێ:

(٤٠) هەتا فرمانی ئێمە هاتو ئەو تەنوورە ئاوی لێ هەڵقولا ،جا خوا دەفەرموێ: وتمان لەهەمو نێرو مێیەك جوتێك بخەرە کەشتیەکەوەو خاو خێزانی خۆتیش بێجگە لەوەی کە بڕیاری خنکانی لەلایەن ئێمەوە دراوە وەك کوڕەکەی، وە هەروەها باسواری ئەو کەشتیە ببن ئەو کەسەی کە باوەڕی هێناوە، خۆ باوەڕیشی نەهێناە بەو پێغەمبەرە بێجگە لە کۆمەڵێکی کەم کە لە ژمارەیاندا نارێکی هەیە وەك لەپێشدا باسمانکرد . بەڵێ کاتێ نیشانەی سزا دەرکەوت نوح پەیرەوانی بانگ کرد،

(٤١) وتی: بەناوی خوداوە سواربن کەئەم کەشتیە هەر بەناوی ئەو زاتەوە دەڕوات ودەوەستێتو فرمان هەرلەدەست خۆیدایەو چۆنو لە کوێو کەی دەوەستێت هەرخۆی دەزانێت بێگومان پەروەردگارم زۆرلێ بوردەو بەسۆزە بۆ بەندەکانی . ئینجا خوای گەورە بارودۆخەکە ئەخاتە بەرچاو وەك ئەوەی کە ئێستا شتەکە روبداتو دەفەرموێ:

(٤٢) وە ئەو کەشتیە ئەیانبات لەناو شەپۆلی ئەو ئاوەدا کەهەر شەپۆلێکی وەك چیایەك وایە، ئەیفەرمو: {جرت/بردنی. فەرموی: ﴿ تَجْرِي بِهِمْ ﴾ /دەیانبات} بەڵێ پەیڕەوانو خاو خێزانی نوح سواری کەشتی بون بێجگە لە کوڕێکی کەناوی(کەنعان یان یام) بوو ،جا نوح بانگی کوڕەکەی خۆی کرد لەحاڵێکدا کەئەو کەناری گرتبوو لە باوکیو نەهاتبووە ناو کەشتیەکەوەو وتی: ئەی کوڕی خۆم وەرە لەگەڵ ئێمەدا سواری ئەم کەشتیە ببە وتۆ لەگەڵ کافرانداهاوبیروڕا مەبە. دیارە نوح نەیزانیوە کە منافقە.

(٤٣) کوڕەکەی وتی: من دەچمە سەر چیایەك کەلەم ئاوە دەم پارێزێت وتی: ئەمرۆ هیچ کەسێك ناپارێزەرێت لە بڕیاری الله ولەوتۆفانەی کە رەوانەی کردوە مەگەر کەسێك خوا رەحمی پێ بکاتو بیپارێزێت ، جا لەم قسانەدا بوون ئەو شەپۆلە گەورەی

قَالَ يَـٰنُوحُ إِنَّهُۥ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ ۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيْرُ صَـٰلِحٍ ۖ فَلَا تَسْـَٔلْنِ
مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۖ إِنِّىٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْجَـٰهِلِينَ ﴿٤٦﴾
قَالَ رَبِّ إِنِّىٓ أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْـَٔلَكَ مَا لَيْسَ لِى بِهِۦ عِلْمٌ ۖ وَإِلَّا
تَغْفِرْ لِى وَتَرْحَمْنِىٓ أَكُن مِّنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿٤٧﴾ قِيلَ يَـٰنُوحُ
ٱهْبِطْ بِسَلَـٰمٍ مِّنَّا وَبَرَكَـٰتٍ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ ۚ
وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤٨﴾ تِلْكَ
مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ
مِن قَبْلِ هَـٰذَا ۖ فَٱصْبِرْ ۖ إِنَّ ٱلْعَـٰقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٤٩﴾ وَإِلَىٰ عَادٍ
أَخَاهُمْ هُودًا ۚ قَالَ يَـٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ
غَيْرُهُۥٓ ۖ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُفْتَرُونَ ﴿٥٠﴾ يَـٰقَوْمِ لَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ
أَجْرًا ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱلَّذِى فَطَرَنِىٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٥١﴾
وَيَـٰقَوْمِ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ
عَلَيْكُم مِّدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ وَلَا تَتَوَلَّوْا۟
مُجْرِمِينَ ﴿٥٢﴾ قَالُوا۟ يَـٰهُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ
بِتَارِكِىٓ ءَالِهَتِنَا عَن قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿٥٣﴾

کە باس کرا کەوتە نێوان باب وکوڕو ئەویش چووە ریزی خنکاوەکان. ئابەم شێوەیە کۆتای بە تەمەنی تاوانباران هاتو نوحو پەیڕەوانی لەسەر کەشتین،

(٤٤) ئینجا لەو کاتەدا وترا ئەی زەوی ئاوی خۆت قوت دەرەوەو ئەی ئاسمان ئاوی خۆت بگرەوەو ئینجا ئاوەکە کەم بویەوەو وشکانی دەرکەوتوبڕیاری خوا کە لەناو بردنی خراپان بوو جێ بەجێ کراوکەشتیەکە لەسەر کێوی جودی وەستا، وا مەشهورە کە چیایەکە لە کوردستانی تورکیادا. وە بێژرا دووریو نەفرینی خوا بۆ هەمو گەلێکی ستەمکار. بەڵێ ئەونەمانوتێداچوونە ئایندەی هەمو گەلێکی ستەمکارە لەکۆنو ئێستاو ئایندەشدا ئەگەرچی جۆری سزایشیان وەك یەك نەبێت، ئینجا خوای گەورە دێتە سەر باسی کوڕەکەی نوحو دەفەرموێ

(٤٥) نوح بانگی لە پەروەردگاری خۆی کردو وتی: ئەی پەروەردگارم ،بێگومان کوڕی من لە ئەهلی منەو تۆ بەڵێنت دا کە ئەهلی من بپارێزیو بێگومان وەعدی تۆ راستەو بەڕاستی تۆ لە هەموو فەرمان رەوایان داد پەروەرترو فرمانڕەواتری بۆیە چاوەڕوانی پارێزگاری کوڕەکەم لێ دەکردیت ، خوای میهرەبانو زاناو کاربەجێ وەڵامی نوحی دایەوە،

إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعْتَرَىٰكَ بَعْضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٍۗ قَالَ إِنِّىٓ أُشْهِدُ ٱللَّهَ
وَٱشْهَدُوٓاْ أَنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾ مِن دُونِهِۦۖ فَكِيدُونِى
جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّى تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّى وَرَبِّكُمۚ مَّا
مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ
﴿٥٦﴾ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم مَّآ أُرْسِلْتُ بِهِۦٓ إِلَيْكُمْۚ وَيَسْتَخْلِفُ
رَبِّى قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّونَهُۥ شَيْـًٔاۚ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَفِيظٌ
﴿٥٧﴾ وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ
مِّنَّا وَنَجَّيْنَٰهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٥٨﴾ وَتِلْكَ عَادٌۖ جَحَدُواْ بِـَٔايَٰتِ
رَبِّهِمْ وَعَصَوْاْ رُسُلَهُۥ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ ﴿٥٩﴾ وَأُتْبِعُواْ
فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۗ أَلَآ إِنَّ عَادًا كَفَرُواْ رَبَّهُمْۗ أَلَا
بُعْدًا لِّعَادٍ قَوْمِ هُودٍ ﴿٦٠﴾ ۞ وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًاۚ قَالَ
يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥۖ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ
وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَٱسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيْهِۚ إِنَّ رَبِّى قَرِيبٌ مُّجِيبٌ
﴿٦١﴾ قَالُواْ يَٰصَٰلِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَٰذَآۖ أَتَنْهَىٰنَآ أَن
نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِى شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ مُرِيبٍ ﴿٦٢﴾

(٤٦) فەرموی: ئەی نوح ئەوە ئەهلی تۆ نیە. بۆ؟ چونکە بەبێشك کە ئەو کردارێکی ناپاكو رەوشتێکی نارێکی هەیە ،واتە: مونافقەو لەناو دڵدا باوەڕی بە تۆ نیە جا داوای ئەو شتەم لێ مەکە کە زانابیت لە بارەیەوە نیە، بێگومان من ئامۆژگاریت دەکەم نەوەك تۆبەم داخوازییەت بچیتە ریزی نەفامانەوە. لێرەدا دووشتی گرنگ هەیە: یەکەم: نوح پێغەمبەرێکی خودایە ئاگای لەناو دڵی کوڕەکەی نیە.

دووهەم: پایەو پلەی بەرزی پێغەمبەرایەتی نوح نەیتوانی کوڕەکەی رزگار بکات لە سزای ﷲ چونکە کافر بوو ، جا ئەوانەی کەدەم لە نهێنی ئەکوتن‌و بێ کرداری چاك بەتەمای تکاو شەفاعەتی کەسانی ترن باسەری شەرمەزاری داخەن‌و لەو بۆچونە هەڵەیە وازبهێنن، نوح کوڕو ژنێکی بەکافری مردن‌و لوت ژنی بەکافری مرد وەك لە سورەتی (التحریم)دا باسکراوە.

(٤٧) ئینجا نوح کاتێ بەو راستیەی زانی بێ وەستان‌و بەپەلە، وتی: ئەی پەروەردگارم بێگومان من پەنا ئەگرم بە تۆ کە داوای شتێکت لێ بکەم کە زانیاریم لە بارەیەوە نەبێت بەڕاستی ئەگەر تۆ لێم خۆش نەبی‌و رەحمم پێ نەکەی ئەوە من لە ریزی ئەو مرۆڤە زیان لێ کەوتو رەنجەڕۆیانەم کە بەر سزاو نەفرینی تۆ کەوتوون واتە: نوح لە داواکەی پەشیمان بویەوەو لەو خوایەی کە غەفورو رەحیمە داوای لێ خۆشبون‌و رەحمی کرد خواش وەڵامی دایەوە،

(٤٨) بێژرا ئەی نوح دابەزەو لەلایەن ئێمەوە ئەمن‌و ئاسایشت پێ درا وفەڕو بەرەکەتت دادەبارێتە سەر، واتە: دڵت تەنگ نەبێت هەم ئاسودە دەبیت هەم نازو نیعمەتت پێ دەدرێت، وە هەروەها سەلام‌و رەحمەت‌و بەرکەت لەسەر ئەو ئوممەتە بێت کە لەگەڵ تۆدایە وگەلانێکی تر کە لەمەولا ئەیانژێنین تاماوەیەك ولەپاشدا ئەوانیش لە بەرنامەی ئێمە لائەدەن‌و سەرپێچی پێغەمبەران ئەکەن لەبەر ئەوە لەلایەن ئێمەوە سزای دەرد ناكوبەژانیان پێدەگات.

(٤٩) ئەو داستانەی کە باسمان کرد بەشێکە لە هەواڵە نەزانراوەکان کە ئێمە وەحیمان کردە لای تۆ نەتۆ ئەتزانی‌و نەگەلەکەت لە پێش هاتنی ئەم قورئانەدا کەوابو تۆش خۆت بگرە لەسەر ئێش‌و ئازاری قسە ناشیرینەکانی گەلەکەت‌و دڵنیابە کە پاشە رۆژ بۆ ئەو کەسانەیە کەلە خوا ئەترسن‌و خۆیان لە خراپەو خراپەکاری ئەپارێزن. ئینجا خوای میهرەبان داستانی گەلی عاد کە هود پێغەمبەریان بووە باس دەکات ودەفەرموێ:

(٥٠) جا ناردمان بۆلای گەلی عادیش براکەیان کە هود پێغەمبەر بوو ، وتی ئەی گەلی من: الله بپەرستن چونکە هیچ خودایەکی تر نیە بۆ ئێوە بێجگە لەو بەراستی ئێوە هەر گەلێکی درۆزنن کەئەو هەمووخودا جۆراو جۆرانەتان بەدرۆوە دروست کردوە بۆ خۆتان. لێرە ئەوە دەرئەکەوێت کە دروستە لە جیهەتی ئینسانیەوە بەهەرکەسێك بڵێیت برا با کافریش بێت.

(٥١) ئەی گەلی من لەسەرگەیاندنی ئەم بانگەوازە داوای هیچ خەرجی‌و پاداشتێك لە ئێوە ناکەم ، هیچ پاداشتێکیشم نیە مەگەر لەلای ئەو کەسەی کە دروستی کردوم کە الله یە دەی ئایە ئێوە عەقڵتان نیەو بیر ناکەنەوەو ژیری خۆتان ناخەنەکارەوە تا سوودو زیانی خۆتان بزانن؟!

(٥٢) ئەی گەلی خۆم داوای لێ خۆشبون لە پەروەردگارتان بکەن لەپاشان هەوڵدەن هەمیشە بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو پەروەردگارەی کە زۆرو بەلێشاوو لەئاسمانەوە ئاوتان بۆ دەنێرێت‌و چەندتان هێزو قوەت هەیە ئەوەندەی ترهێزو قوەتان بۆ زیاتر دەکات، وە ئێوە پشت مەکەنە ئەو دینە کەببنە

ستەمکارو تاوانبار. بەڵام ئەو گەلە ستەمکارە وەك گەلانی پێش خۆیان دژی وەستان ،

٥٣ وتیان ئەی هود: تۆ هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرات نەهێناوە بۆ ئێمەو ئێمەیش هەروا بەقسەی تۆ واز لە خواکانی خۆمان ناهێنینو ئێمە باوەڕت پێ ناکەین.

٥٤ ئێمە هیچ قسەیەکمان لەگەڵ تۆدا نیە بێجگە لەوەی کە ئێمە وائەزانین کە هەندێ لە خوداکانی ئێمەدەستیان لەتۆ وەشاندوەو تۆیان دووچاری شێتی کردوە جا هود وتی: من خودا بە شایەت ئەگرم لەسەر راستی خۆمو ئێوەش هەموتان شایەت بن کەمن ئەم پەیامەم پێ راگەیاندونو بێگومان کەمن بێزارو بێوەریم لەو شەریکانەی کە ئێوە بۆ خوای دادەنێن.

٥٥ بێجگە لە خوا هەموتان هەرچی ئەتوانن لە دژایەتیم بیکەنو لەکێ یارمەتی وەر ئەگرن وەری گرن لە پاشدا هیچ ماوەیەکم پێ مەدەنو بێ منەت بن.

٥٦ بێگومان کەمن پشتم بەستوە بەو الله یەی کە پەروەردگاری منەو پەروەردگاری ئێوەشە هیچ شتێك نیە کەبەسەر ئەو زەویەدا بڕوات مەگەر ناوچاوانی بەدەست ئەوزاتەوەبێتو ناتوانێت بەبێ مەیلو ئارەزۆی خوا هیچ شتێك ئەنجام بدات نەچاك نەخراپ، نەسودو نەزیان، بەبێگومان پەروەردگاری من لەسەر رێگایەکی راستەو فرمانەکانی داد پەروەرانەیەو ستەم لەکەس ناکات، کەواتە ئەو بەرنامەو رێبازەی کە ئەو ناردویەتی رێبازێکی راستەو رەوایەولادان لەورێبازە چەواشەوناڕەوایە.

٥٧ ئەوسا ئەگەر ئێوە پشت دەکەنە ئەو ئاینەو گوێی پێ نادەن کەیفی خۆتانەوهەرخۆتان رەنجەڕۆدەبن بەحەقیقەت من تەبلیغم کردنو ئەوەی کەمنی بۆ رەوانە کرابو پێم راگەیاندن، جا ئەگەر پەیڕەویم دەکەن ئەوە باشە ئەگینا خوا خاوەن دەسەڵاتەو ئێوەش وەك گەلانی پێش خۆتان لە ناو ئەباتو پەروەردگارم گەلێکی تر بێجگە لە ئێوە لە شوێنتان دائەنێتو ئێوە هیچ زیانێك لە خودا نادەن، بەبێگومان پەروەردگاری من محافەزە چیو چاودێرە بەسەر هەمو شتێکدا . ئینجا خوا دەفەرموێ:

٥٨ جا کاتێك کە فرمانی ئێمە هات بۆ لە ناوبردنیان بە با هودو ئەوانەی کە باوەڕیان هێنا بوو لەگەڵ ئەودا بە هۆی سۆزو بەزەیی خۆمانەوە هەمومان رزگار کردنو ئێمە ئەوانمان رزگار کرد لەو سزا قورسو سەختەی کەبێ باوەڕانی وەك داری ریشە رزیوو پتورکاو چەنومل خست.

٥٩ ئەوە گەلی عاد بوو کە بێ باوەڕ بوون بە نیشانەکانی پەروەردگاری خۆیانو ئینکاریان ئەکردو سەرپێچیان لە فرمانی پێغەمبەرەکانیان دەکرد (هەموو پێغەمبەران) ، چونکە دژایەتی کردنی یەك پێغەمبەر دژایەتی هەمو پێغەمبەرانە بۆیە بە کۆی هێناو فەرموی: ﴿رُسُلَهُۥ﴾ ، وە ئەم گەلە پەیڕەوی کەری هەمو مرۆڤێکی زۆردارو سەرکەش بوونو وازیان لە پێغەمبەرەکەیان هێنا لەبەر ئەوە

٦٠ ئەمانە هەر لەم دنیادا بەر نەفرینی خوا کەوتنو لە قیامەتیشدا، ئاگادار بن هۆزی عاد بێ باوەڕ بوون بە پەوەردگاری خۆیان ئاگاداربن دوری لە رەحمەتی خوا بۆ گەلی عاد کە قەومی هودە عليه السلام. پێویستە موسڵمانان ئەوە بزانن کە ئەم داستانانەی قورئان بۆئێمەیە تایبەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرین تا دوچاری ئەو سەرنویشتە خراپەی ئەوان نەبین. ئینجا دەچێتە سەر داستانی سەمود کە گەلی ساڵح پێغەمبەر بوون و دەفەرموێ:

٦١ ئەوسا بۆ گەلی سەمودیش براکەیان کە ساڵح بو عليه السلام بە پێغەمبەرایەتی ناردمانە لایان کە وتی: ئەی گەلی خۆم خودا بپەرستن ،چونکە بێجگە لەو هیچ خودایەکی تر نیە کە شایستەی پەرستن بێت ئەو ئێوەی لەم زەویە دروست کردوەو داوای لێ کردون کە ئاوەدانی بکەنەوەو تەمەنتان لەسەر ئەودا تەواو بکەن دەی ئێوەش داوای لێ خۆشبونی لێ بکەن لەپاشان بەپەشیمان بوونەوە لەتاوان هەر بۆ لای ئەو بگەڕێنەوە، بێگومان پەروەردگارم نزیکە لە هەمو شتێکەوەو وەڵامی هەمو شتێکیش دەداتەوە واتە بپاڕێنەوە لێیو دڵخۆشبن کە ئەو وەڵامتان ئەداتەوە، بەڵام ئەمانیش وەك گەلەکانی پێش خۆیان دژایەتی ساڵح یان کردو

٦٢ وتیان: بەڕاستی ئەی ساڵح تۆ لە پێشەوە لە ناو ئێمەدا بە پیاوێکی ژیر حیساب ئەکرایتو چاوەڕوانی ئەوەت لێ ئەکرا کە پیاو ماقوڵێکی ئەم گەلە بی. وتیان ئەی ساڵح: تۆ ئێمە بەرگری ئەکەیت لە بەندایەتی ئەوەی کە باوباپیرانمان بەندایەتی بۆ کردوە؟! واتە سەرمان سوڕماوە لەوەی کە تۆ ئەوەندە ژیر بویت کەچی وائێستا ئاوات لێ هاتوە کە داوا

قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَءَاتَىٰنِي
مِنۡهُ رَحۡمَةٗ فَمَن يَنصُرُنِي مِنَ ٱللَّهِ إِنۡ عَصَيۡتُهُۥۖ فَمَا تَزِيدُونَنِي
غَيۡرَ تَخۡسِيرٖ ﴿٦٣﴾ وَيَٰقَوۡمِ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمۡ ءَايَةٗۖ
فَذَرُوهَا تَأۡكُلۡ فِيٓ أَرۡضِ ٱللَّهِۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٖ فَيَأۡخُذَكُمۡ
عَذَابٞ قَرِيبٞ ﴿٦٤﴾ فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمۡ
ثَلَٰثَةَ أَيَّامٖۖ ذَٰلِكَ وَعۡدٌ غَيۡرُ مَكۡذُوبٖ ﴿٦٥﴾ فَلَمَّا جَآءَ
أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا صَٰلِحٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا
وَمِنۡ خِزۡيِ يَوۡمِئِذٍۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ ﴿٦٦﴾ وَأَخَذَ
ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيۡحَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ
﴿٦٧﴾ كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَآۗ أَلَآ إِنَّ ثَمُودَاْ كَفَرُواْ رَبَّهُمۡۗ أَلَا بُعۡدٗا
لِّثَمُودَ ﴿٦٨﴾ وَلَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُنَآ إِبۡرَٰهِيمَ بِٱلۡبُشۡرَىٰ قَالُواْ
سَلَٰمٗاۖ قَالَ سَلَٰمٞۖ فَمَا لَبِثَ أَن جَآءَ بِعِجۡلٍ حَنِيذٖ ﴿٦٩﴾ فَلَمَّا
رَءَآ أَيۡدِيَهُمۡ لَا تَصِلُ إِلَيۡهِ نَكِرَهُمۡ وَأَوۡجَسَ مِنۡهُمۡ خِيفَةٗۚ
قَالُواْ لَا تَخَفۡ إِنَّآ أُرۡسِلۡنَآ إِلَىٰ قَوۡمِ لُوطٖ ﴿٧٠﴾ وَٱمۡرَأَتُهُۥ قَآئِمَةٞ
فَضَحِكَتۡ فَبَشَّرۡنَٰهَا بِإِسۡحَٰقَ وَمِن وَرَآءِ إِسۡحَٰقَ يَعۡقُوبَ ﴿٧١﴾

نەکەیت لە ئێمە واز لەو ڕەوشتە بهێنین کە ڕەوشتی باو باپیرانمان بوون، بێگومان کە ئێمە لە گومان داین سەبارەت بەڕاستی ئەو شتەی کە تۆ ئێمەی بۆ بانگ ئەکەیتو پەیڕەویت ناکەین. بەڵێ خویەکی هەمیشەیی بێ باوەڕانە بەکۆنو تازەیانەوە هەر کەسێك خودای بەڕاستی ویست بیتو خەڵکی بەرەو چاکە بانگ کردبێت بە نەزانیان داناوە ئەگەر چی لە پێشدا زۆر بە ژیرو دەست پاکیش لەناویاندا ناسراو بێت

(٦٣) وتی: ئەی گەلی خۆم پێم بڵێن ئەگەر من لەسەر چاو ڕۆشنیو بەڵگەی ئاشکرا بم لەلایەن پەروەردگاری خۆمەوەو لەلایەن خۆیەوە ئەم سۆزەی پێغەمبەرایەتییەی بەمن بەخشی بێت ، جا کێ یارمەتیم ئەدات ئەگەر هاتو من فرمانی الله بشکێنمو ئەم پەیامە بشارمەوەو بەئێوەی نەڵێم؟ جامن دڵنیام ئەی گەلی خۆم کە ئێوە ناتوانن هیچ شتێکی زیادەو چاکەم لەگەڵدا بکەن بێجگەلەوەی کە زیاتر دووچاری زیانم بکەن واتە من لەبەر تانەو تەشەری ئێوە واز لەم بانگەوازە ناهێنم ئەوەی ڕاستەو ڕەوایە بەبێ پێچو پەناو بەڕونی باسی ئەکەم بۆتان جا ئەوە بو ئەو گەلە وتیان: تۆ هیچ بەڵگەیەکت بەدەستەوە نیە کە ئێمە باوەڕت پێ بکەینو داوای موعجیزەیان کردو وتیان: با لەو بەردە وشترێك بێتە دەرەوە ساڵحیش داوای لە خوا کردو وشترێك لە بەردەکە هاتە دەرەوە ، ئینجا وتی:

(٦٤) ئەی گەلی من ئەمە وشترێکە کە الله وەك موعجیزەیەك بۆ ئێوەی ناردوە ، جا وازی لێ بهێنن تا لەم سەر زەوییەی الله دا با بۆخۆی بلەوەڕێتو هەرگیز دەست درێژی نەکەنە سەری چونکە ئەوە موعجیزەیەکەو هەرکە دژایەتیتان کرد سزایەکی گەورەی نزیك دەتان گرێتەوە ،

(٦٥) جا ئەوان گوێیان بەئامۆژگاری ساڵح عليه السلام نەداو کوشتیان، خۆتەنها یەکێکیان کوشتی بەڵام چونکە بەرەزامەندی هەمویان بوە هەمویان تاوانبارن ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەلە هەر جێگایەکدا کەسێ یان زیاتر خراپەیەکیان کردو باقی ڕازی بوون هەموو شەریکن لەو تاوانەداو ئەبێ چاوەڕوانی سزای هەردوو ژیان ببن . جا کاتێ کەئەم تاوانەیان ئەنجام دا پێغەمبەرەکەیان لێیان عاجز بو پێی وتن: چی بەچاك ئەزانن بیکەنو بۆ خۆتان رابوێرن لەماڵەکانتاندا هەتا سێ ڕۆژ ماوەتان هەیە لە دوای ئەو سێ ڕۆژە سزاتان بۆ دێت، ئەوە بەڵێنێکی ڕاستەو هیچ درۆی تێدا نیە. جا خوای گەورە دەفەرمێ:

(٦٦) جا کاتێ کە فرمانی ئێمە هات بۆ سزادانیان ساڵح پێغەمبەرو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێ هێنا بوو بەڕاستیو لەگەڵیان بوون بەسۆزو بەزەیی خۆمان ڕزگارمان کردن ولاماندان لەسەر شۆڕی ئەو ڕۆژە، بەبێگومان ئەی محمد ﷺ پەروەردگارت هەرخۆیەتی بەدەسەڵاتەو بەهێزە. ئینجا جۆنیەتی سزاکەی دنیایان باس دەکاتو دەفەرموێ

(٦٧) جا ئەوانەی کە ستەمیان ئەکرد دەنگێکی توند ناڵاندی بەسەریانداو هەمویان لەماڵەکانی خۆیاندا چەنومل کەوتنو مردن وهیچیان لەو دەنگە ڕزگاریان نەبوو کارێکی وایان بەسەرداهات.

(٦٨) وەك ئەوەی کە ئەوان هەرگیز لەو جێگاو ماڵانەدا نەبون ئاگادار بن کە سەمود بێ باوەڕبون بە پەروەردگاری خۆیان، ئاگاداربن دووری لەرەحمەتی خوا بۆ سەمود. ئابەم شێوەیە داستانی ساڵحو گەلەکەی کۆتایی پێ هات. ئەچێتەسەر داستانی گەلی لوت عليه السلام بەڵام پێش ئەوەی بچێتە سەرباسی لوت باسی ئیبراهیمو مێوانەکانی دەکات چونکە هەر ئەو مێوانانەی

ئیبراهیم ﷺ بوون کە مەئموری لەناوبردنی گەلی لوتیش بوون بۆیە دەفەرموێ

﴿٦٩﴾ ئەوسا بەڕاستی نێرراوەکانی ئێمە هاتن بۆلای ئیبراهیم بەموژدەوە چ موژدەی کوڕ پێدانی یان لە ناو بردنی ئەوگەلە ستەمکارەو رزگارکردنی لوت پێغەمبەر ﷺ بێ هەموویان هەر موژدەیەو مایەی شادومانی دڵی ئیبراهیمی بت شکێنە ﷺ،جا ئەو مەئمورانە لە شێوەی چەند لاوێکی چالاکو جوان هاتنە لایو وتیان: سلام علیکم ، ئەویش وتی: سلام علیکم، زۆری پێ نەچو بە هێواشی چوو گوێرەکەیەکی(گۆلك) برژاوی بۆ هێنانو بۆی دانان کە بیخۆن بەڵام ئەوان نەیان خوارد.

﴿٧٠﴾ جا کاتێك کەدی ئەوان دەستی بۆنابەن ونایخۆن، وەئەو نەیزانی کە ئەوانە مەئموری خودانو خواردنیان ناوێ لەبەر ئەوە پێی نارەحەت بوو بەچاکی نەزانین، چونکە مێوان ئەگەر خواردنی بۆ دانراو نەیخوارد بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە رەئی چاکی نیە سەبارەت بەو خاوەن ماڵە، لەبەر ئەوە ترسێك هات بە دڵیداو ئەوانیش هەستیان پێ کرد، وتیان: مەترسە ئێمە مەئمورینو رەوانە کراوین بۆ سەر گەلی لوت بۆ ئەوەی لە بەینیان ببەین، جا لەو کاتەدا ئیبراهیم ﷺدانیشتبوو لە ناو میوانەکانیدا.

﴿٧١﴾ جا خێزانەکەی بەپێوە وەستا بوو بۆ خزمەت کردن ئەوسا کاتێ کەئەم قسانەی لە مێوانەکانەوە بیست ترسی نەماو لە خۆشیدا پێکەنی، هەندێك ئەڵێن: ئەو کە تەمەنی لە هەشتا بەرەو سەرتر بوو زۆر حەزی لە منداڵ ئەکرد ، چونکە منداڵی نەبو ، وە ئەوەندە پیرببو کەعادەتی ژنانەی نەمابوو لەبەر ئەوە لە منداڵبوون نائومێد ببو ئا لەو کاتەدا کەوتە عادەتی ژنانەوە ، جا هەر لەو کاتەداو لە رێگای ئەو فریشتە مەئمورانەوە خوا دەفەرموێ: موژدەمان پێ دا بەکوڕێك کەناوی ئیسحاقەو لەو ئیسحاقەیش یەعقووب دەبێ، بەڕاستی ئەمە بۆ ئەو شتێکی دوور بو بۆیە بە شێوەیەکی سەرسوڕمانەوە

﴿٧٢﴾وتی: وای بۆ من ئایا من منداڵم ئەبێ لە حاڵێکدا کەمن پیر بووم وئەمەش مێردەکەمە کە پیاوێکی پیرە؟!بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە، چۆن ئەبێ باوەڕ بەشتی وابکەم؟ لەبەر ئەوە فریشتەکان زیاتر کەوتنە گفتوگۆ لە گەڵیدا،

قَالَتْ يَٰوَيْلَتَىٰٓ ءَأَلِدُ وَأَنَا۠ عَجُوزٞ وَهَٰذَا بَعْلِي شَيْخًاۖ إِنَّ هَٰذَا
لَشَيْءٌ عَجِيبٞ ﴿٧٢﴾ قَالُوٓاْ أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِۖ رَحْمَتُ ٱللَّهِ
وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ أَهْلَ ٱلْبَيْتِۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٞ مَّجِيدٞ ﴿٧٣﴾ فَلَمَّا ذَهَبَ
عَنْ إِبْرَٰهِيمَ ٱلرَّوْعُ وَجَآءَتْهُ ٱلْبُشْرَىٰ يُجَٰدِلُنَا فِي قَوْمِ لُوطٍ ﴿٧٤﴾
إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّٰهٞ مُّنِيبٞ ﴿٧٥﴾ يَٰٓإِبْرَٰهِيمُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَآۖ إِنَّهُۥ
قَدْ جَآءَ أَمْرُ رَبِّكَۖ وَإِنَّهُمْ ءَاتِيهِمْ عَذَابٌ غَيْرُ مَرْدُودٖ ﴿٧٦﴾ وَلَمَّا
جَآءَتْ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعٗا وَقَالَ هَٰذَا
يَوْمٌ عَصِيبٞ ﴿٧٧﴾ وَجَآءَهُۥ قَوْمُهُۥ يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ وَمِن قَبْلُ كَانُواْ
يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ قَالَ يَٰقَوْمِ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِي هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْۖ
فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ فِي ضَيْفِيٓۖ أَلَيْسَ مِنكُمْ رَجُلٞ رَّشِيدٞ
﴿٧٨﴾ قَالُواْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِي بَنَاتِكَ مِنْ حَقّٖ وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ
﴿٧٩﴾ قَالَ لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ ءَاوِيٓ إِلَىٰ رُكْنٖ شَدِيدٖ ﴿٨٠﴾ قَالُواْ
يَٰلُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓاْ إِلَيْكَۖ فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٖ
مِّنَ ٱلَّيْلِ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ إِلَّا ٱمْرَأَتَكَۖ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا
مَآ أَصَابَهُمْۚ إِنَّ مَوْعِدَهُمُ ٱلصُّبْحُۚ أَلَيْسَ ٱلصُّبْحُ بِقَرِيبٖ ﴿٨١﴾

﴿٧٣﴾وتیان: ئایا تۆ سەرسام ئەبیت لە فرمانی الله رەحمەتو بەرەکەتی خوا لە ئێوە بێت ئەی ئالو بەیتی ئەم ماڵە بەنرخە، بێگومان ئەو الله یە سوپاس کراوە لەهەمو کردارو فەرمودەکانیداو بەرێزو بەخشندەیە ئالەم تەمەنەدا ئەو بەخششە گەورەیە بەئێوە دەبەخشێت. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە خێزانی مرۆڤ ئالو بەیتی کابرایە کەوابو خاتون عائیشەیش ئالو بەیتی پێغەمبەرمانە ﷺ و بەدەقی قورئان الله پاکی کردونەتەوەو قسەی خراپ پێ وتنی دژایەتی دەقی قورئانەو کوفرە، ئا بەم گفتوگۆیە ئیبراهیم ﷺ دڵی خۆش بوو ئارامی گرت.

﴿٧٤﴾ جا کاتێك کە ئیبراهیم ترسی نەماو زانی کە ئەمانە مەئمورنو لەو تەمەنەشدا مژدەی کوڕیشیان پێ دا ، جا کەوتە قسەو گفتوگۆ لەگەڵیانداو ویستی داکۆکی لە گەلی لوت بکات بەڵکو سزایان لەسەرلابات وەك دەفەرموێ: لەبارەی گەلی لوتەوە دەستی بەکێشە کرد هەتا فەرموی: دەی خۆ لوتی تێدایە وتیان: بەڵێ ئەمە ئەزانین کە لوتی تێدایە ئێمە ئەوو پەیڕەوانیو ئالو بەیتی رزگار ئەکەین بێجگە لە خێزانەکەی، ئینجا ئیبراهیم ﷺ بێ دەنگ بوو خوای گەورەش لەوەسفی دڵسۆزی ئەودا دەفەرموێ:

(٧٥) بێگومان کە ئیبراهیم زۆر بەحەوسەڵە بوو زۆر خەفەتی دەخوارد بۆ خەڵك‌و ئاهی بۆ هەڵدەکێشان‌و زۆر دەگەڕایەوە بۆلای خوای خۆی‌و هەمیشە استغفارو تەوبەی دەکرد هەر لەبەر ئەو سۆزە زۆرەی کە هەی بوو ، بۆیە ئەو کێشەیەی لەگەڵ فریشتەکاندا کرد بەڵام تازە ئەوان فرمانی لە ناو چونیان لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ دەرچووەو کەس ناتوانێ ڕێگای لێ بگرێت ، بۆیە فریشتەکان رویان کردە ئیبراهیم‌و وتیان:

(٧٦) ئەی ئیبراهیم تۆ وازبهێنە لەو قسەیەو لەم بارەوە گفتوگۆمان لەگەڵدا مەکە ، بێگومان کە ئەمڕۆ بڕیاری پەروەردگاری تۆ دەرچووە بۆ لە ناو بردنیان‌و بێگومان کەسزایەکی نەگەڕاوە دێت بۆ ئەوان‌و ئەبێ تۆڵەی خراپەکارییەکانیان بە چاو ببینن‌و ببن بە پەندو ئامۆژگاری بۆ پاش خۆیان، ئینجا ئەو فریشتە مەئمورانە ئیبراهیمیان بەجێ هێشت‌و بەرەو لای لوت چون، ئەڵێن: لوت لەناو کێڵگەکەی خۆیدا بوو یان لە ماڵ بوو ئەو کۆمەڵە بەرواڵەت هەموو جوان‌و ڕێك‌و پێکە مێوانی لوت بون‌و گەلی لوتیش نێرباز بون لەبەر ئەوە ترسا لەوەی کە گەلەکەی دەست درێژی بکەنە سەریان بۆیە دەفەرموێ:

(٧٧) کاتێك کە نێرراوی ئێمە هات بۆلای لوت زۆر ناڕەحەت بوو ئەو ڕۆژەی بەڕۆژێکی خراپ‌و تەنگ زانی، دنیای لێ هاتەوەیەك‌و نەیدەزانی چی بکات‌و وتی: بەڕاستی ئەمە ڕۆژیکی زۆر سەختەو بەڵایەکی گەورەیە. ئەمیش وەك ئیبراهیم پێشەکی نەیدەناسین‌و نەیدەزانی فریشتەو مەئمورن‌و بۆ لەناو بردنی گەلەکەی هاتون‌و ئەوان هیچیان پێ ناکرێ بەرامبەری ئەو مەئمورانە، بۆیە ئاوا بەو شێوەیە بەو مێوانانەی غەمناك بوو ، ئەمەش بەلگەیەکی زۆر بەهێزە لەسەر ئەوەی کە هیچ کەسێك غەیب نازانێت بێجگە لە الله ئەوەبوکە ئەو دوو پێغەمبەرە بەرێزە نەیانزانی ئەوانە فریشتەن‌و بەشەرنین تا خۆیان پێیان وتن؟! زۆرچاك ورد ببەرەوەلەم دووروداوانەوکەم بەدوای قسەی پڕوپوچدا بڕۆ وبەسیە خەڵك فریودان بۆ گیرفان پڕکردن دڵنیابە خوا تۆڵەت لێ وەردەگرێت. جا تەماشا بکەن‌و بزانن کە ترسی لوت ﷺچەند بەڕێ‌وجێ بووە چونکە هەرکە گەلەکەی زانیان بەو مێوانانە،

(٧٨) دەس‌ودەم گەلەکەی بەپەلە هاتن بۆلای لوت ﷺوئەوان لە پێشەوە ئیشی خراپەیان ئەکردو ئێستاش هەر بۆئەو مەبەستە خراپە هاتن بۆ لای مێوانەکانی، بۆیە ئەو زۆر کەوتە بارێکی سەختەوەکە وتی: ئەی گەلی خۆم ئەوە کچەکانی خۆمن وەرن بابیدەم پێتان بە حەڵاڵی، ئەڵێن ئەوان داوای کچەکانیان کرد بوو لەپێش ئەم ڕوداوەدا ، بەڵام لوت لەبەر ئەو ڕەوشتە پیسەیان پێی نەدابوون ئێستە کەئاوەها دەیانەوێ دەست درێژی بکەنە سەر مێوانەکانی ویستی بەم شێوەیە کەمێ شەرم بکەن‌و ئازاری مێوانەکانی نەدەن، هەندێ ئەڵێن مەبەستی ئافرەتی گەلەکەی بوە نەك کچی خۆی، واتە: نێر بازی مەکەن ئەوە هەموو کچە بەشێوەی حەڵاڵ سودیان لێ وەرگرن کەئەوان پاك‌و خاوێن ترن بۆتان‌و هەر ئەوە ڕەوایەو نابێ کاری پیس لەگەڵ پیاواندا ئەنجام بدەن، جا لە خوا بترسن‌و سەرشۆڕم مەکەن لەبارەی میوانەکانمەوە ئایا لە ناو ئێوەدا پیاوێکی بە غیرەت نیە کە پاڵپشتی من بێت‌و پارێزگاری ئەم میوانانەم بکات؟ بەڵام ئەو گەلە هیچ غیرەتی پیاوەتیان تێدا نەبو بەلگوزیاتر سور بون لەسەر ئیشی خۆیان.

(٧٩) وتیان: بەڕاستی خۆت دەزانی کە ئێمە لەبارەی کچەکانی تۆدا هیچ مافێکمان نیەو بێگومان تۆ ئەزانیت مەبەستی ئێمە چیەو ئەبێ ئەم میوانانەمان بدەیتە دەست. بەڵێ بەڕاستی ڕۆژیکی زۆر سەخت بوو بەسەر ئەو پێغەمبەرە ﷺ دا هات‌و دەفەرموێ:

(٨٠) وتی: ئەگەر من قوەت‌و هێزێکم ببوایە ئێستا پەنام بۆ ئەبردو بەرگریم لەم مێوانانەم دەکردو ماوەم بەئێوە نەئەدا بەم شێوەیە بێنە سەر ماڵم‌و دەست درێژی بکەنە سەر مێوانەکانم، نە، من پەنادەبەم بۆ جێگایەکی زۆربەتوانا. واتە لوت کەوتە سەختترین کات‌و ویستی ئا بەم قسەیە کەمێ غیرەتی ئەو بێ غیرەتانە بجولێنێت چونکە ئەو ئێستا بێ کەس‌و بێ عەشیرەتە لەناو ئەوانداو ئەوان عەرەب بوون بەڵام لوت یان کورد یان کلدانی بووە لەسەر قسەی مێژو ونوسان ، هەندێ دەڵێن: مەبەست لە ﴿ رُكْنٍ شَدِيدٍ ﴾خزم‌و عەشرەتەو لوت ﷺ نەیدەزانی پەنا بۆ کوێ ببات، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: { وَرَحْمَةُ اللَّهِ عَلَى لُوطٍ إِنْ كَانَ لَيَأْوِي إِلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ آوِي إِلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ وَمَا بَعَثَ اللَّهُ مِنْ بَعْدِهِ مِنْ نَبِيٍّ إِلَّا فِي ثَرْوَةٍ مِنْ قَوْمِهِ/متفق عليه/ ڕەحمەتی

خوا لە لوت بێ بەڕاستی پەنای بردە لای جێگایەکی زۆر بەهێز کە خوا جل جلالە بوو ئەو کاتەی کە وتی بەگەلەکەی: ئای ئێستا من توانام بەسەرتاندا ببوایە، نە من پەنا ئەبەم بۆلای کەسێکی زۆر بەتوانا. وەپاش ئەواللە هیچ پێغەمبەرێکی ڕەوانە نەکردوە مەگەر لەناو دەسەڵاتدارەکانی گەلەکەی دابوو بێت} جا کە میوانەکان کاتێ ئەم هەمو کێشەکێشەی لوتو گەلەکەیان دیو دییان کە لوت بێ نیهایەت لە سەختی دایە.

(٨١) وتیان: ئەی لوت بێگومان کە ئێمە نێرراوی پەروەردگاری تۆینو مەئمورین ئەوان ناتوانن هیچ بەتۆ بکەن ، بەڵکو بە فرمانی الله ئێمە ئەوان لە ناو ئەبەین ، جا تۆ هەر ئەمشەو خۆتو خانەوادەت لێرە بڕۆن لانەکاتەوە بۆلای ئەو گەلەو نەمێنیتەوە هیچ کەس لە ئێوە بێجگە لە ژنەکەت ئەو لەو کاتەوە دڵی لەگەڵ ئەو گەلەدایە لەبەر ئەوە بەڕاستی ژنەکەت توشی ئەو بەڵایە دەبێت کە ئەوان توشی دەبن بەبێگومان کاتی لەناو بردنیان بەیانییە ، ئینجا لوت پەلەی بوو ئەی ووت: زوتر ئەوانیش وتیان: ئایا بەیانی دوورە؟

(٨٢) جا کاتێك کە فرمانی ئێمە هات بۆلە بەین بردنیان ئێمە سەرو ژێرمان کردنو هەڵمان گەڕاندنەوەو بارانی بەردی لە قوڕ دروستکراومان ڕژان بەسەریاندا بەبارانێکی ڕێكو پێكو یەك بەدوای یەکدا. ئەڵێن جبرەئیل باڵی کرد بەژێر شارەکانیانداو ئەوەندە بەرزی کردنەوە کە خەڵکی ئاسمانی یەکەم گوێیان لە دەنگی سەگو مەڕو ماڵاتیان بو ئینجا هەڵپی کردنەوە ، جا ئەوجێگایەی کەکاتی خۆی بەرزتر بوو لەو زەویەداوسەیرانگاوکەیفیان تێدا دەکرد ئەوە پێش شوێنەکانی تر کەوتە زەویو هەمو لە ناوچون.

(٨٣) ئەو بەردانە دیاری کرابوون هەر بەردەی لە کەسی تایبەتی خۆی دەدرا، ئینجا خوا دەفەرموێ: وە ئەم جۆرە سزایە بۆ ئەو جۆرە داوێن پیسو ستەمکارانە لە هیچ کاتێکدا دوور نیەو هەر گەلێك ئەو جۆرە تاوانانەی تێدا کراو کەس بەرگری لێ نەکرد ئەبێ چاوەڕوانی سزای ئاوای بۆ بکرێت وەبە یەقینیش هەر ئاوا ئەبێ _خوا پەنامان بدات_ ئینجا دەچێتە سەرداستانی شوعەیب ﷺ دەفەرموێ:

(٨٤) وەبۆ مەدیەن کەناوی جێگایەکە (شوعەیب)ی برایانمان بۆ ڕەوانە کردن بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاستیان پیشان بداتو لە بت پەرستیو ترازو بازیو خوورەوشتی ناشیرین دوریان بخاتەوەو

فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا
حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ ﴿٨٢﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَۖ
وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٖ ﴿٨٣﴾ ۞ وَإِلَىٰ مَدۡيَنَ أَخَاهُمۡ
شُعَيۡبٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥۖ
وَلَا تَنقُصُواْ ٱلۡمِكۡيَالَ وَٱلۡمِيزَانَۚ إِنِّيٓ أَرَىٰكُم بِخَيۡرٖ
وَإِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٖ مُّحِيطٖ ﴿٨٤﴾ وَيَٰقَوۡمِ
أَوۡفُواْ ٱلۡمِكۡيَالَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا تَبۡخَسُواْ
ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ ﴿٨٥﴾
بَقِيَّتُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَۚ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيۡكُم
بِحَفِيظٖ ﴿٨٦﴾ قَالُواْ يَٰشُعَيۡبُ أَصَلَوٰتُكَ تَأۡمُرُكَ أَن
نَّتۡرُكَ مَا يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَآ أَوۡ أَن نَّفۡعَلَ فِيٓ أَمۡوَٰلِنَا مَا نَشَٰٓؤُاْۖ
إِنَّكَ لَأَنتَ ٱلۡحَلِيمُ ٱلرَّشِيدُ ﴿٨٧﴾ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَءَيۡتُمۡ إِن
كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنۡهُ رِزۡقًا حَسَنٗاۚ وَمَآ أُرِيدُ أَنۡ
أُخَالِفَكُمۡ إِلَىٰ مَآ أَنۡهَىٰكُمۡ عَنۡهُۚ إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ
مَا ٱسۡتَطَعۡتُۚ وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ﴿٨٨﴾

وتی: ئەی گەلی من بەندایەتی الله بکەن کە بێجگە لەو هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەی ترتان نیە. لەڕاستیدا ئەمە قسەی هەموو پێغەمبەران بوە "کە خەڵکی تەنها بەندایەتی خودا بکەن" وە وتی: کاتێك کە شتێك دەفرۆشن بەخەڵك پێوانەو کێشانەکانتان کەم مەکەن، بێگومان من واتانم دەبینم کە ئێوەوان لە ناو نازو نیعمەتێکی چاکداو بەشی خۆتانتان هەیە، جا خوا لە خۆتان عاجز مەکەن، بێگومان من ئەترسم لێتان ئەگەر ئێوە هەروا بەردەوام بن لەسەر ئەو ئیشانەتان کە دوچاری سزای ڕۆژێك ببن کەکەستانی لێ ڕزگار نەبێ،

(٨٥) دەی ئەی گەلی من با پێوانەو کێشانەتان ڕێكو پێكو دادگەرانە بێو بەچ کێشانەو پێوانەیەك دەکڕن بۆ خۆتان وایش بە خەڵکی بفرۆشن کەلو پەلی خەڵك بێ نرخو کەم نەکەنەوەو زیان نەدەن لە خەڵکی وئێوە خراپەو فەساد لەسەر زەوی دا بڵاو مەکەنەوە.

(٨٦) ئەوەی کە بۆتان دەمێنێتەوە لە مامەڵەیەکی ڕێكو پێكو لە کێشانەیەکی ڕێكو پێکدا ئەوە باشترە بۆتان نەك سەروەتو سامانێکی زۆر بەحەرام کۆبکەنەوە ، چونکە هەرچەندە زۆربێ بێ نرخەو سزای پاشە ڕۆژی هەیە بەڵام بەشێوەی حەڵاڵ چاکەو پاداشی دوا ڕۆژیشی هەیە ئەگەر ئێوە ئیمانداربن، وە

وَيَٰقَوۡمِ لَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شِقَاقِيٓ أَن يُصِيبَكُم مِّثۡلُ مَآ أَصَابَ
قَوۡمَ نُوحٍ أَوۡ قَوۡمَ هُودٍ أَوۡ قَوۡمَ صَٰلِحٖۚ وَمَا قَوۡمُ لُوطٖ مِّنكُم
بِبَعِيدٖ ﴿٨٩﴾ وَٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِۚ إِنَّ رَبِّي
رَحِيمٞ وَدُودٞ ﴿٩٠﴾ قَالُواْ يَٰشُعَيۡبُ مَا نَفۡقَهُ كَثِيرٗا مِّمَّا تَقُولُ
وَإِنَّا لَنَرَىٰكَ فِينَا ضَعِيفٗاۖ وَلَوۡلَا رَهۡطُكَ لَرَجَمۡنَٰكَۖ وَمَآ أَنتَ
عَلَيۡنَا بِعَزِيزٖ ﴿٩١﴾ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَهۡطِيٓ أَعَزُّ عَلَيۡكُم مِّنَ
ٱللَّهِ وَٱتَّخَذۡتُمُوهُ وَرَآءَكُمۡ ظِهۡرِيًّاۖ إِنَّ رَبِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ
مُحِيطٞ ﴿٩٢﴾ وَيَٰقَوۡمِ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ إِنِّي عَٰمِلٞۖ
سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ مَن يَأۡتِيهِ عَذَابٞ يُخۡزِيهِ وَمَنۡ هُوَ
كَٰذِبٞۖ وَٱرۡتَقِبُوٓاْ إِنِّي مَعَكُمۡ رَقِيبٞ ﴿٩٣﴾ وَلَمَّا جَآءَ
أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا شُعَيۡبٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا وَأَخَذَتِ
ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيۡحَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ ﴿٩٤﴾
كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَآۗ أَلَا بُعۡدٗا لِّمَدۡيَنَ كَمَا بَعِدَتۡ ثَمُودُ ﴿٩٥﴾ وَلَقَدۡ
أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٍ ﴿٩٦﴾ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ
وَمَلَإِيْهِۦ فَٱتَّبَعُوٓاْ أَمۡرَ فِرۡعَوۡنَۖ وَمَآ أَمۡرُ فِرۡعَوۡنَ بِرَشِيدٖ ﴿٩٧﴾

من چاودێرو نیگاهبان نیم بەسەر ئێوەداو نەیەڵم کە ئێوە لە کێشانەو پێوانەدا کەمو زیاد بکەن بەڵکو ئەبێ خۆتان بیرو باوەڕی خۆتان چاك بکەنو زیان بەکەڵو پەلی خەڵکی نەگەیەنن، من ڕاگەیاندنم لە سەرەو هیچی تر، بەڵام ئەمانیش هەروەکو گەلانی پێش خۆیان دژایەتی پێغەمبەرەکەی خۆیان کردو بەگاڵتەوە وەڵامیان ئەدایەوە.

(٨٧) وتیان ئەی شوعەیب: ئایینو نوێژەکەی تۆ وا دەستورت پێ ئەدات کە ئێمە واز بهێنین لە پەرستنی ئەو شتانەی کە باوباپیرانمان پەرستویانە یان ئەبێ ئێمە لەسەروەت وسامانی خۆمان دا بەئارەزوی خۆمان ئیش نەکەین؟! ئینجا هەر بەشێوەی گاڵتەپێ کردنەوە ئەیان وت: بەڕاستی تۆ ئیسانێکی بەحەوسەڵەو بەفامو تێگەیشتویت چۆن قسەی وائەکەیت؟! ئینجا شوعەیب (عليه السلام) وەڵامی دانەوە،

(٨٨) وتی: ئەی گەلی من پێم بڵێن ئەگەر من لەسەر چاو ڕۆشنی بم لەلایەن پەروەردگارمەوەو ئەو پێغەمبەرایەتیو ڕزقێکی چاكو پاکی پێدابم، ئیتر بۆ من ئەو زیانە لەو خەڵکە بدەم وەخۆم توشی سزای خودا بکەم؟ مەبەستی گەلەکەیەتیو بەخۆی ئەڵێت تا بەڵکو ئەوان زیاتر دوور نەکەونەوەو گوێی بۆ بگرنو وتی: من نامەوێ کەبە پێچەوانەی ئێوەوە بجوڵێمەوەو ئێوە بترسێنم لەترازو بازیو خۆم بیکەم کە ئەڵێم خراپە بۆ هەمومان خراپەو من لەم بانگەوازەدا هیچ مەبەستێکم نیە بێجگە لەریكو پێك کردنی ژیانو کارو بارتان تا ئەو جێگایەی کە توانام هەیەو هیوام خێرو خۆشی ئێوەیەو ئەنجامدانی فەرمانی الله، وە هیچ کەسێك نیە کە یارمەتیم بدات بێجگە لە الله کە تەنها بەو پشت دەبەستمو تەنها بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە.

(٨٩) جا وتی ئەی گەلی من: با دژایەتیو دوریتان لەمن واتان لێ نەکات کە دوچاری وێنەی ئەو سزایانە ببن کە دوچاری گەلی نوحو یان گەلی هود یان گەلی ساڵح (عليه السلام) بوە خۆگەلی لوتیش دورنیە لێتانەوە ، بەڕاستی هەم لەروی زمانیشەوە هەم لەروی مەکانیشەوە نزیکە لێتان ئێوە حەق وایە باش بیر بکەنەوە.

(٩٠) جا داوای لێ خۆش بوون لە پەروەدگاری خۆتان بکەن پاشان بگەڕێنەوە بۆ لای خۆی بێگومان پەروەردگارم زۆر بەسۆزو میهرەبانە. بەداخەوە ئەم مرۆڤە بەدرێژای مێژو کەمێکی زۆر کەمی نەبێ پەندو ئامۆژگاری وەرنەگرتوە لە ڕوداوەکانی پێش خۆیو هەرچی هاتوە خەڵکی پێش خۆی بەهەڵە زانیوە کەچی خۆیشی هەمان هەڵەی دووبارە کردوەتەوە؟! ئەم گەلەی شوعەیبیش (عليه السلام) گوێیان نەدایە ئامۆژگاریەکانو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دژایەتیان ئەکردو زیاتر بەسوکی تەماشای ئەو پێغەمبەرەیان دەکرد.

(٩١) وتیان ئەی شوعەیب: بەڕاستی ئێمە لە زۆربەی ئەو قسانەی کە تۆ دەیکەیت تێ ناگەین، قسەکانی تۆمان زۆر بەلاوە گرنگ نیەو بێگومان تۆ لەناو ئێمەدا مرۆڤێکی لاوازو کەم دەستیتو ئەگەر لەبەر ئەو کۆمەڵە نەبێت کە دوات کەوتوون بەڕاستی بەرد بارانیشت دەکەینو تۆ هیچ هێزو دەسەڵاتێکت بەسەر ئێمەدا نیە.

(٩٢) شوعەیب وتی: ئەی گەلی من کۆمەڵەکەی من بەهێزترە لەلای ئێوە لەو خوایەی کە وازتان لێ هێناوەو فرمانی ئەوتان پشتگوێ خستوە؟ بێگومان پەروەردگارم ئاگاداری کردارەکانی ئێوەیەو هیچ شتێکتان لەزانیاری خوا دەرناچێتو بەم زوانە تۆڵەی کردارەکانتان دەچەژن، ئینجا بەتوندی هەڕەشەیان لێ دەکاتو ئەڵێ:

يَقْدُمُ قَوْمَهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَأَوْرَدَهُمُ ٱلنَّارَ ۖ وَبِئْسَ ٱلْوِرْدُ
ٱلْمَوْرُودُ ﴿٩٨﴾ وَأُتْبِعُوا۟ فِى هَـٰذِهِۦ لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ بِئْسَ
ٱلرِّفْدُ ٱلْمَرْفُودُ ﴿٩٩﴾ ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَيْكَ ۖ
مِنْهَا قَآئِمٌ وَحَصِيدٌ ﴿١٠٠﴾ وَمَا ظَلَمْنَـٰهُمْ وَلَـٰكِن ظَلَمُوٓا۟
أَنفُسَهُمْ ۖ فَمَآ أَغْنَتْ عَنْهُمْ ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِى يَدْعُونَ مِن دُونِ
ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ لَّمَّا جَآءَ أَمْرُ رَبِّكَ ۖ وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ ﴿١٠١﴾
وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَآ أَخَذَ ٱلْقُرَىٰ وَهِىَ ظَـٰلِمَةٌ ۚ إِنَّ أَخْذَهُۥٓ
أَلِيمٌ شَدِيدٌ ﴿١٠٢﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَةً لِّمَنْ خَافَ عَذَابَ ٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ
ذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّجْمُوعٌ لَّهُ ٱلنَّاسُ وَذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّشْهُودٌ ﴿١٠٣﴾ وَمَا
نُؤَخِّرُهُۥٓ إِلَّا لِأَجَلٍ مَّعْدُودٍ ﴿١٠٤﴾ يَوْمَ يَأْتِ لَا تَكَلَّمُ نَفْسٌ
إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ فَمِنْهُمْ شَقِىٌّ وَسَعِيدٌ ﴿١٠٥﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ شَقُوا۟ فَفِى
ٱلنَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ ﴿١٠٦﴾ خَـٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ
ٱلسَّمَـٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ
﴿١٠٧﴾ ۞ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ سُعِدُوا۟ فَفِى ٱلْجَنَّةِ خَـٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ
ٱلسَّمَـٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ ۖ عَطَآءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ ﴿١٠٨﴾

﴿٩٣﴾ ئەی گەلی من ئێوە ئیشی خۆتان لەسەر ڕەوشتو باوی خۆتان چۆن ئەزانن چاکە درێژەی پێ بدەنو کاری خۆتان بکەن منیش ئیشی خۆم دەکەمو ڕاستی ودروستی ئەم ڕێبازە بۆ ئێوە ڕونتر دەکەمەوە جا ئەگەر هەروا درێژە بە خراپەکاریو بێگوێیی بدەن لەمەولا دەزانن بۆ کێ سزایەکی سەرشۆڕکەرانە دێتو ئەزانن کە کێ درۆی کردووە؟جا ئێوە چاوەڕێی بکەن بێگومان منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕێ دەبم، ئەمە مانای ئازاد کردنیان نییە بەڵکو توند ترین هەڕەشەیە لێیان. بەڵێ ئەم گەلەش نە بە قسەی پێغەمبەرەکەیان کردو نەئامۆژگاریان لە گەلانی پێش خۆیان وەرگرت ، جا بۆیە ئەوانیش بەر سزاو نەفرینی خودا کەوتن وەك دەفەرموێ:

﴿٩٤﴾خۆ لە کاتێکدا کە فرمانی ئێمە هات بۆ سزادانیان شوعەیبو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێ هێنا بوو لەگەڵیدا بوون بەسۆزو بەزەیی خۆمان ڕزگارمان کردنو یەك دەنگی توند ئەو کەسانەی کە ستەمکاربوون هەژاندو هەمویان لەناو ماڵەکانیاندا چەنو مل کەوتنو مردن.

﴿٩٥﴾ وەك ئەوەی کەئەو گوندانەیان هەرگیز یەك کەس لەوانی تێدا نەبوبێت جا وترا ئاگاداربن نەفرینو دووری بۆ خەڵکی مەدیەن هەروەکو سەمود کەدوورکەوتەوە لە ڕەحمەتو سۆزی خودا. بەڵێ ئەم دوو گەلە نزیك بوون لەیەكو عەرەب بوون شێوەی کارو سزایان لە یەك ئەچێتو هەردوو بەر نەفرینی خودا کەوتن. ئینجادەچێتە سەر داستانی موسا ﷵو گەلەکەیو فیرعەون وپەیڕەوانیو بەشێوەیەکی زۆر کورت سەرەتاوکۆتایی فیرعەون باس دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٩٦﴾ جا بەڕاستی ئێمە موسامان ڕەوانەکرد بە نیشانەکانی خۆمانەوەو بە هێزێکی زۆر ئاشکراو ڕونەوە، ئەوەبو عەساکەی ئەبو بەمارو دەستی لەژێر باڵی دەرئەهێنا زۆر سپیو ڕوناك ئەبو، بەڵێ خوای زاناو خاوەن دەسڵات موسای بەو نیشانانەوە نارد،

﴿٩٧﴾بۆلای فیرعەونو پیاو ماقوڵانی ئەوسا ئەوانیش دژایەتی موسایان کردو پەیڕەوی فرمانەکانی فیرعەونیان کرد ، جا خوا دەفەرموێ: بەڕاستی کاروباری فیرعەون کارو بارێکی فامیدەو ژیرانە نەبو، وە بوو بەهۆی سەرلێ شێواوی پەیڕەوانی لەم دنیادا،

﴿٩٨﴾ لە ڕۆژی قیامەتیشدا پێش گەلەکەی دەکەوێت بۆ سزای دۆزەخو ئەیانباتە ناو ئاگرەوەو بەڕاستی ئەوە پیسترین شوێنێکە کە ئەوان دەچنە ناویەوە.

﴿٩٩﴾ئەوسا لەم دنیایەدا نەفرینیان لێ کراوە هەروەها لەرۆژی قیامەتیشدا بەڵێ بە نەفرین مێوانداری کران بەڕاستی ئەوە خراپترین مێوانداریە کە ئەوان میوانداریان پێ کراوەو خراپترین بەخششو خەڵات بو کە بەوان درا. بەم شێوە کورتە باسی موسا پێغەمبەر ﷵکۆتای پێ هاتو جێگای بەخششەکانی فیرعەونو پەیڕەوانی زانرا، لەپاشان خوای گەورەو زانا دەفەرموێ:

﴿١٠٠﴾ ئەوەی کە باسمان کرد هەواڵی گەلانی ئەو وڵاتانە بوو کە ئێمە بەسەریاندا دەچینەوەو وەك خۆیان دەیانگێڕینەوە بۆ تۆ ئەی محمدﷺ جا لەوانە هەندێکیان شوێنەواریان ماوەو لەبەر چاوتانەو هەندێکیشیان نەماوە.

﴿١٠١﴾خۆ ئێمە ستەممان لێ نەکردن بەڵام ئەوان خۆیان ستەمیان لەنەفسی خۆیان کرد، ئەوسا ئەو خودایانەی کە ئەوان بێجگە لە الله ئەیان پەرستن هیچ سودێکیان بەوان نەگەیاندو نەیانتوانی هیچیان بۆ بکەن لەو کاتەدا کە فرمانی پەروەردگاری تۆ دەرچووبێت بۆ لەناوبردنیان، وە ئەوان بێجگە

فَلَا تَكُ فِي مِرْيَةٍ مِّمَّا يَعْبُدُ هَٰٓؤُلَآءِ مَا يَعْبُدُونَ إِلَّا كَمَا يَعْبُدُ
ءَابَآؤُهُم مِّن قَبْلُ وَإِنَّا لَمُوَفُّوهُمْ نَصِيبَهُمْ غَيْرَ مَنقُوصٍ ﴿١٠٩﴾
وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ
سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ
﴿١١٠﴾ وَإِنَّ كُلًّا لَّمَّا لَيُوَفِّيَنَّهُمْ رَبُّكَ أَعْمَٰلَهُمْ إِنَّهُۥ بِمَا يَعْمَلُونَ
خَبِيرٌ ﴿١١١﴾ فَٱسْتَقِمْ كَمَآ أُمِرْتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلَا تَطْغَوْا۟
إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١١٢﴾ وَلَا تَرْكَنُوٓا۟ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟
فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنْ أَوْلِيَآءَ ثُمَّ
لَا تُنصَرُونَ ﴿١١٣﴾ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ
ٱلَّيْلِ إِنَّ ٱلْحَسَنَٰتِ يُذْهِبْنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ذَٰلِكَ ذِكْرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ
﴿١١٤﴾ وَٱصْبِرْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١١٥﴾ فَلَوْلَا
كَانَ مِنَ ٱلْقُرُونِ مِن قَبْلِكُمْ أُو۟لُوا۟ بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْفَسَادِ
فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْ وَٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ
ظَلَمُوا۟ مَآ أُتْرِفُوا۟ فِيهِ وَكَانُوا۟ مُجْرِمِينَ ﴿١١٦﴾ وَمَا كَانَ
رَبُّكَ لِيُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴿١١٧﴾

لەناوچوونو رەنجەڕۆبوون هیچ شتێکی زیاتریان نەدی لە خوداکانیانەوە.

(١٠٢) ئەوسا هەر ئاوایە گرتنو تۆڵەی پەروەردگاری تۆ هەرکاتێ خەڵکی وڵاتان بگرێت لەحاڵێکدا کەئەو وڵاتەو خەڵکەکەی ستەمکاربن هەر ئاوا خوا بەتوندی تۆڵە لە ستەمکاران وەرئەگرێتو کەس پەنایان نادات ، بێگومان تۆڵەی ئەو بۆ ئەو کەسانەی کە ستەم ئەکەن زۆر زۆر دەردناکو بەهێزە ، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: { إِنَّ اللَّهَ لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ حَتَّى إِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ قَالَ ثُمَّ قَرَأَ ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ ..الاية ﴾ /البخاري/ بەڕاستی خودا ماوە بەستەمکار ئەدات تا بەکەیفی خۆی چی ئەتوانێ بیکات تا ئەوکاتەی کە ماوەی تەواودەبێت ، جا ئەو کاتە کەگرتی بەرەڵای ناکات. لە پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ ..الاية ﴾ سەیرە هەمیشە ستەمکاران بە ماوەو تەمەن درێژیو هێزی خۆیان دەسخەرە ئەبن، دڵنیابن کە خوا ماوەی پێ داون تا تاوانی زۆر تربکەن نەك لەبیری چووبن چونکە سەرئەنجام لەدەستی دەرناچنو ئەیانگرێتو تۆڵەیان لێ وەر ئەگرێت، ئینجا لێرە پەنجە بۆ ئەو مەبەستە درێژ کراوەو دەفەرموێ:

(١٠٣) بەڕاستی ئالەمەدا کە باس کرا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ ئەوکەسەی کە بترسێت لەسزای رۆژی دوای ئائەو رۆژەی کە هەموو خەڵك تێیدا کۆ دەبێتەوە، ئەوە رۆژێکە هەموو کەسێکی بۆ ئامادە ئەکرێت وهیچ کەس ون ناکرێت.

(١٠٤) ئەوسا بە دوای ناخەین مەگەر بۆ کاتێکی ژمێراو دیاری کراو.

(١٠٥) ئەو رۆژە کەهات هیچ نەفسێك ناتوانێت قسە بکات مەگەر بە ئیزنی خودا تا ئەو ماوە بەو خەڵکە نەدات کەس ناتوانێ هیچ قسەیەك نەچاكو نە خراپ بکات بەڵام کاتێ ماوەدران بازاڕی قسەو جنێودان ونەفرین لەیەك کردن بێ نیهایەت گەرم ئەبێ وەکو لە شوێنەکانی تری قورئاندا باسکراوە ، جا ئەو رۆژە خەڵکی دوو بەشە هەندێکیان چارە رەشو بەدبەختنو هەندێکی تریان سەربەرزو خۆشبەخت.

(١٠٦) جا ئەوانەی چارە رەشو بەدبەختن وان لە نێو ئاگرداکە بۆ ئەوان هەیە لەنێو ئەو ئاگرەدا هەناسەدانی درێژو هەناسە وەرگرتن ،واتە: تەنها هەناسەی سارد هەڵکێشانو پەنگ خواردنەوەو هەناسەدانی پڕداخ وخەفەت نەبێ لەو رۆژەدا هیچی تریان پێ ناکرێتو

(١٠٧) ئەمێننەوە لەنێو ئەو ئاگرەدا بەئەندازەی درێژای تەمەنی ئاسمانان وزەوی مەگەر خوای تۆ ئارەزۆ بکات بۆ دەرهێنانی هەندێکیان چونکە کەس ناتوانێ رێگای ویستی الله بگرێتوهەرچی ئارەزۆ بکات دەیکات، ئەنەسی کوڕی مالك دەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: {لَيُصِيبَنَّ أَقْوَامًا سَفْعٌ مِنَ النَّارِ بِذُنُوبٍ أَصَابُوهَا عُقُوبَةً ثُمَّ يُدْخِلُهُمُ اللَّهُ الْجَنَّةَ بِفَضْلِ رَحْمَتِهِ يُقَالُ لَهُمُ الْجَهَنَّمِيُّونَ. /البخاري/ هەندێ خەڵك هەن کە گەرمایی ئاگر هەڵیان دەپرووزێنێت لە تۆڵەی ئەو گوناهانەی کە کردویانە پاشان خودا بەگەورەیو سۆزی خۆی دەیانخاتە بەهەشتەوە جا پێیان دەوترێ جهەننەمیەکان} وەبۆ چاکان دەفەرموێ:

(١٠٨) جا ئەوانەی کە خۆشبەختن بەدڵنیاییەوە لە ناو بەهەشتدان بۆ هەمیشەو لەوێدا دەمێننەوە بەئەندازەی درێژای تەمەنی ئاسمانان وزەوی مەگەر خوای تۆ ئارەزۆی زیاتریان بۆ بکات دیارە ئەمە بەخششێکی هەرگیز نەبڕاوەیە بۆ

ئەو خۆشبەختانە.عومەری کوڕی خەتاب دەڵێ: کاتێك کە ئایەتی ﴿ فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَسَعِيدٌ ﴿١٠٥﴾ ﴾ دابەزی پرسیارم کرد لە پێغەمبەرﷺ کە ئایا ئێمە ئیش بکەین لە شتێکدا کە تەواو بووەو یان لە شتێکدا کە لەمەولا دەبێت؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: {بَلْ عَلَى شَيْءٍ قَدْ فُرِغَ مِنْهُ وَجَرَتْ بِهِ الْأَقْلَامُ يَا عُمَرُ وَلَكِنْ كُلٌّ مُيَسَّرٌ لِمَا خُلِقَ لَهُ/ الترمذي، صححه الالباني/ بەڵکو ئیش ئەکەین لەسەر شتێك کە تەواوکراوەو قەڵەمەکان ئیشیان تێداکردوە ئەی عومەر، بەڵام هەموکەس ئامادە کراوەبۆ ئەوەی کەبۆی دروستکراوە. ئینجا خوای زاناو کار بەجێ ئەو پەرستراوانەو پەیڕەوانیان باس دەکاتو دەفەرموێ:

(١٠٩) جا تۆ نەکەویتە گومانەوە سەبارەت بەپوچی پەرستراوەکانیان چونکە ئەوانە هەر هەمان شت ئەپەرستن کە باوك وباپیرانیان لەپێش ئەوانەوە بەندایەتیان بۆ کردوەو پەرستویانن، ئەمانیش هەروەکو ئەوان نەزانو نەفامن وبەم زوانە بە سزای کردارەکانی خۆیان ئەگەن، جا ئەگەر ئەوان کردارێکی چاکیشیان هەبێ ئێمە خاوەن بەزەیین وهەرلە دنیادا پاداشتی ئەو کردارە جاکانەیان ئەدەینەوەو ئیتر لە رۆژی دوایدا هیچ پاداشتێکیان نیە وەك دەفەرموێ: ئەوسا بەڕاستی ئێمە بەتەواویو بێ کەمو کوڕی بەشی خۆیان پێ ئەدەین چ پاداشی چاکەیان لە دنیاداو چ تۆڵەی خراپەیان لە رۆژی قیامەتدا. جا واجارێکی تر پەنجە بۆلای گەلی موسا ئەکێشێتو دەفەرموێ:

(١١٠) خۆ بەڕاستی ئێمە پەڕاومان دا بە موسا کە تەورات بوو کەچی ئەوان کەوتنە ناکۆکییەوە لەو پەڕاوەدا، وەئەگەر وشەی پەروەردگارت پێش نەکەوتایە لەسەر ئەوەی کەماوەی لە ناو چونی هەرگەلێك دیاری کراوەو تا ئەوماوەیە دوایی نەیت هەر نەبێ بمێنن ئێمە حوکم مان دەکرد لە بەینیان داو کتوپڕ تۆڵەمان لێ وەر ئەگرتن، وەبێگومان ئەوان لە گوماندان لەبارەی ئەو پەڕاوو ئایینەی موساوەو بەراستی نازانن.

(١١١) ئەوسا بەبێگومان هیچکام لەوانە نیە مەگەر پەروەردگاری تۆ پاداش یان تۆڵەی کردارەکانیان بەرێكو پێکی پێ ئەداتەوەو هیچ شتێکیان لەلای الله ون نابێ ، چونکە بێگومان ئەو زۆر ئاگادارە بەو کردارانەی کە ئەیکەن چاك یان خراپ ئاشکرابێ یا پەنهان، واتە ئەی محمد ﷺ تۆ غەمگینو عاجز مەبە لەوەی کە ئەوگەلەی تۆ دژایەتیو نافرمانی خوا ئەکەنو سزایان زوو پێ ناگات بەڵکو بۆ هەرگەلێكو بۆ هەرکەسێك ماوەیەکی دیاری کراوی هەیە لەلای خودا تا ئەوماوەیە تەواو نەکات ئەبێ بمێنێ هەرچەندە سەرگەرمی تاوانو خراپە بێ.

(١١٢) جا کەوابو خۆبگرەو دەوامت هەبێت لە سەر ئەو بڕیارانەی کەبۆت دێتو وەك چۆن دەستورت بەسەردا دراوە بێ کەمو زیاد خۆتو ئەوانەی کە تەوبەیان کردوە لەگەڵ تۆدا ئەنجامیان بدەنو توغیان مەکەنو لە سنور دەرمەچن بەبێگومان ئەوزاتە بینەری ئەوشتانەیە کە ئەیکەن لەسەر چاکەکان پاداشتان هەیەو لەسەر خراپەکانیش سزا. ئینجا خوای گەورە ئەوەندە توڕەیە لە ستەمکاران بە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ:

(١١٣) ئەی محمد ﷺ مەیلی دڵ نەکەنو بەدڵ ستەمکارانتان خۆش نەوێ چونکە بەڕاستی ئەگەر ئەوئیشە بکەن ئاگری جەهەننەم ئەتان سووتێنێ. وشەی (رکن)مەیلی دڵە. لێرەدا دووشت وەرئەگرین:
یەکەم:_باکابرا خۆی لەگەڵ ستەمکارو تاوانباردا نەبێت مادام ئەوانی خۆشویست لەگەڵ ئەواندا بڕیاری سزای بۆ ئەدرێت .
دووهەم:_ئەگەر کابرا بە ناچاری لەگەڵ ستەمکارانو تاوانباراندا تێکەڵاو بو بەڵام خۆی تاوانو ستەمی نەئەکردو ئەوانیشی بەدڵ خۆش نەئەویست لەگەڵ ئەواندا حیساب ناکرێ، جا بەئەوانەی کەبە ناچاری نیەو بەدڵ لەگەڵ ستەمکاراندان دەفەرموێ: حەتمەن سزا ئەدرێن وبێجگە لە الله یارمەتی دەرو دۆستێکتان نیە لەپاشان یارمەتی نادرێنو هەرچیش بکەن سەرکەوتوو نابن ئەگەر ئێوە یارمەتی ستەمکار بدەنو بێجگە لە خوا کەسێکی تر بکەن بەسەرپەرست بۆ خۆتان.

(١١٤) جا لەهەردووسەری رۆژەوە نوێژبکەن کەنوێژەکانی بەیانیو نیوەڕۆو عەسرە، وەبەشێك لە شەویش کە نوێژی مەغریبو عیشایە. ئەم ئایەتە داوای ئەنجامدانی پێنج فەرزەکان ئەکاتو پەنجە بۆلای کاتەکانیان رائەکێشێت کە پێغەمبەری ئازیزمانﷺ لە فەرمودەکانیدا بەتەواوی ئەو پێنج کاتەی رونکردوەتەوە ،جا موسڵمانان داوایان لێ کراوە کە ئەو پێنج فەرزە ئەنجام بدەن ، چونکە ئەمانە بەندایەتیەکی زۆر پایە بەرزو بەنرخنو بەشێکی گرنگن لە ناوئیشە چاکەکاندا، بێگومان کە چاکەکان خراپەکان لائەبەن. ئەگەر هاتو چاکەتان

کرد خراپەکانتان ئەشۆرێتەوەو لای ئەبات، جا وتراوە هۆی دابەزاندنی ئەم ئایەتە ئەوەبو کە پیاوێك ئافرەتێکی ماچ کردو هاتەوەتە خزمەت پێغەمبەرﷺو ئەم هەواڵەی پێ داو رێگای پاك بونەوە لەو تاوانەی داواکرد خوایش ئەم ئایەتەی دابەزاندوە جا کابرا وتی: ئەمە هەر بۆ منە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟ فەرموی: {لَكَ وَلِمَن عَمِلَ بِهاَ مِن أمتي / الترمذي، صححه الالباني/ بۆ تۆیەو بۆ هەرکەسێکە کە ئیشی پێ بکات لە ئوممەتەکەم}

واتە: بڕیارێکی گشتیەو هەرکەس تاوان بکات بەڵام پەشیمان ببێتەوەو چاکە بکات خوا تاوانەکانی بۆ ئەسڕێتەوە. ئینجا خوا دەفەرموێ: ئائەوەی کەباسکرا ئامۆژگاریە بۆ ئەوکەسانەی کەیادی خوا دەکەن وەلە بیری رەزامەندی ئەودان.

(١١٥) جا خۆبگرە لە سەر بەندایەتیو دوور کەوتنەوە لە تاوان ، خۆگرتن لەسەر سێ شتە یەکەم: خۆگرتن لەسەر بەندایەتی خوا. دووهەم: خۆگرتن لەسەر نەکردنی تاوان. سێ هەم:خۆگرتن لەسەر تەنگوچەڵەمەکانی ژیان ، جا فەرموی: خۆبگرن چونکە بێگوما کە الله پاداشی چاکەکاران زایەناکات. ئینجا خوای زاناو دانا هەڕەشەئەکاتو دەفەرموێ:

(١١٦) ئای ببوایە لەنێو گەلانی پێش ئێوەدا خاوەن ژیریو عەقڵ کەئەوان لەنێو گەلەکەی خۆیاندا مەردانە راپەڕینایەو بەرگریان بکردایە لە خراپەو تاوان واتە نەبوون مەگەر کۆمەڵێکی کەم لەئەوانەی کە رزگارمان کردن وەك ئەوانەی کەباسمان کردن لەباسی پێغەمبەراندا علیهم السلام وەئەو کەسانەی کە ستەمکار بوون دەستیان دایە تاوانو خراپەکاری بەهۆی ئەو نازو نیعمەتانەی کە تێیدا بوونو خوایان لە بیر چویەوەو ترسی دوا رۆژیان نەبو. وە ئەوانە تاوانبار بوون چونکە لەیاساکانی خوا لایان داو دژایەتی بەرنامەی خوایان کردو خوایش لەناوی بردن.

(١١٧) خۆ پەروەردگارت هیچ وڵاتێکی لەناو نەبردوە بەناڕەواو خەڵکەکەی چاکەکارو ساڵح بێ .

(١١٨) جا ئەگەر پەروەردگارت نارەزۆی لێ بوایە خەڵکی ئەکرد بەیەك دینو بەیەك بەرنامەو کەس دژایەتی ئایینی خودای نەئەکرد بەڵام خوا ئەوە ناکات چونکە خوا بڕیاری داوە کەئەم دنیایە بۆ تاقی کردنەوە بێت، هەر کەس ئارەزۆی لەمشت خۆیدابێ تا بەکەیفی خۆی چاك یان خراپە هەڵبژێرێت، وەهەمیشە ئەوان ناڕێکنو یەك بەرنامەو رێباز ناگرن بەڵکو هەندێ خودا ئەپەرستێتو هەندێکی تر مرۆڤو شتانی تر ئەپەرستن کەئەم شتانەیش دنكو دوان نین بەڵکو سەدانو هەزاران جۆریان هەیە

(١١٩) بەڵام ئەو کەسانەی کە پەروەردگارت رەحمی پێ کردون یەك بەرنامەویەك رێبازیان هەیەو یەکن ئەگەر چی بەلەشو وڵاتیش لەیەك دوربن، وەهەربۆ ئەوەش دروستکراون، واتە: چونکە مرۆڤ هەرگیز ئیشو کاریان وەکو یەك نیەو هەندێکی کاری دۆزەخی ئەکاتو هەندێکی کاری بەهەشتی ، دۆزەخو بەهەشتیش چەندین جێگای جیاجیایان هەیەو هەرکەسێك ئیشەکەی بەگوێرەی جێگایەکە لەو جێگازۆرانەی بەهەشتو دۆزەخ جا ئەگەر خوا مرۆڤی دروست نەکردایەو بەگوێرەی زانیاری خۆی هەرکەسێکی بخستایە جێگای خۆی مەگەر بەدەگمەن ئەگینا هیچ کەس بەبەشی خۆی رازی نەدەبو بەتایبەت دۆزەخیان کە ئەو کاتە رەخنەیان لە خودا دەگرتو ئەیان وت: ئەگەر ئێمەت بخستایە دنیاوە ئیشی خراپەمان نەدەکردو هەوڵمان ئەدا کام پلەی بەهەشت بەرزترە بەدەستمان بهێنایە، لەبەر ئەوە خودا دروستی کردن وەك لە سورەتی مولکدا دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴿٢﴾﴾ مردنو ژیانی دروستکردوە تا تاقیتان بکاتەوە بزانن کامتان کرداری چاکتر ئەکەن﴾.

ئینجا دەفەرموێ: خۆ فرمانوبڕیاری پەروەردگارت تەواوبوو هاتەدی کەفەرمویەتی: بەڕاستی جەهەننەم پڕ ئەکەم لە جنۆکەو لە ئینسان بەتێکڕا، هەرلەم بارەوە لە فەرمودەیەکدا کە ئەبو هورەیرە ئەیگێڕێتەوە هاتوە کەئەڵێ، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {تَحَاجَّتْ الْجَنَّةُ وَالنَّارُ فَقَالَتْ النَّارُ أُوثِرْتُ بِالْمُتَكَبِّرِينَ وَالْمُتَجَبِّرِينَ وَقَالَتْ الْجَنَّةُ مَا لِي لَا يَدْخُلُنِي إِلَّا ضُعَفَاءُ النَّاسِ وَسَقَطُهُمْ قَالَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى لِلْجَنَّةِ أَنْتِ رَحْمَتِي أَرْحَمُ بِكِ مَنْ أَشَاءُ مِنْ عِبَادِي وَقَالَ لِلنَّارِ إِنَّمَا أَنْتِ عَذَابِي أُعَذِّبُ بِكِ مَنْ أَشَاءُ مِنْ عِبَادِي وَلِكُلِّ وَاحِدَةٍ مِنْهُمَا مِلْؤُهَا فَأَمَّا النَّارُ فَلَا تَمْتَلِئُ حَتَّى يَضَعَ رِجْلَهُ فَتَقُولُ قَطْ قَطْ فَهُنَالِكَ تَمْتَلِئُ وَيُزْوَى بَعْضُهَا إِلَى بَعْضٍ وَلَا يَظْلِمُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ مِنْ خَلْقِهِ أَحَدًا وَأَمَّا الْجَنَّةُ فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُنْشِئُ لَهَا خَلْقًا/رواه الشيخان/ بەهەشتو دۆزەخ بوبە کێشەیان دۆزەخ وتی: من زیاتر بەهرەمەند کراوم وبە لوت بەرزو دەسەڵات دارانەوە

وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ
(١١٨) إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ۗ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ
لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ (١١٩) وَكُلًّا نَّقُصُّ
عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۚ وَجَآءَكَ فِى هَٰذِهِ
ٱلْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ (١٢٠) وَقُل لِّلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ
ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَٰمِلُونَ (١٢١) وَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ
(١٢٢) وَلِلَّهِ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ ٱلْأَمْرُ كُلُّهُۥ
فَٱعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ ۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (١٢٣)

سُورَةُ يُوسُفَ (١٢) (١١١)

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
الٓر ۚ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ (١) إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا
لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (٢) نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ ٱلْقَصَصِ
بِمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِۦ
لَمِنَ ٱلْغَٰفِلِينَ (٣) إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ إِنِّى رَأَيْتُ
أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِى سَٰجِدِينَ (٤)

واتە ئەوانە دێنە نێومنو بەهەشتیش وتی نازانم بۆ بەشی من هەر مرۆڤە لاوازو بێ دەسو بێ کەسەکانە؟. ئینجا خوای بە دەسەڵاتو خاوەن شکۆ بە بەهەشتی فەرمو: تۆ بەزەیی‌و سۆزی منی لەرێگای تۆوە سۆزی خۆم ئەدەم بەو کەسەی کە ئارەزۆم لێ بێ، وە بەئاگری فەرمو:تۆ سزای منی بەهۆی تۆوە تۆڵە ئەسێنم لەو کەسەی کە ئارەزۆم لێ بێ وەهەردوکتان پڕئەبنەوە . بەڵام ئاگر هەرچی ئەخرێتە ناویەوە هەرئەڵێ ماوە زیاتر بابێت تا کەسی جەهەننەمی نامێنێ‌و ئەو هەرداوای زیاتر دەکات تا خوای بەدەسڵات پێی خۆی لەسەر دۆزەخ دا ئەنێ ئینجا دۆزەخ ئەڵێ بەسە بەسەو هەندێکی دەتەپێت بەسەر هەندێکیدا ئەوسا پڕ دەبێتەوە الله ی بەدەسەڵاتو بەشکۆ ستەم لەهیچ دروست کراوێکی خۆی ناکات. جا پاش چونی هەموو بەهەشتیان بۆناو بەهەشت هێشتا بەهەشت جێگای چۆڵی زۆری ئەمێنێ‌و خوا خەلکێکی تری بۆ دروست ئەکاتو لەو زیادەی بەهەشتدا نیشتەجێ دەبن.

(١٢٠) جا ئەو هەمو هەواڵانەی کە باسی ئەکەین بۆ تۆ لەبارەی پێغەمبەرانو گەلانی پێشوو شێوەی سزاو سەر ئەنجامی هەمویانەوە بۆئەوەیە کە ئێمە دڵی تۆ بەهێزو بتەوتر بکەین تا زیاتر خۆ راگرو ئارام تربی ئەی محمد ﷺ ولەم سورەتەدا وەك باقی سورەتەکانی تر حەق وراستیت پێ گەیشتو بەهۆی ئەو داستانانەوە ئەبێ تۆ زیاتر سور بی لەسەر بانگەوازەکەت وئەم روداوانە پەندو ئامۆژگاری‌و وبیر خستنەوەیە بۆ باوەڕداران تا بەلکو بیر لەسەر ئەنجامی ستەمکاران بکەنەوەو زیاتر خۆیان لەرق‌و ڤینی الله بپارێزن ،جا ئەمە وەکو لە چەند شوێنی تردا وتراوە ئامۆژگاری‌و وەبیر خستنەوەیە بۆ هەمو کەس بەڵام چونکە تەنها باوەڕداران سودی لێ وەر ئەگرن بۆیە فەرموی: ﴿لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ بۆ باوەڕداران.

(١٢١) ئەی محمدﷺ بلێ: بەوانەی کە باوەڕیان نیە بە کەیفی خۆتان ئیشی خۆتان بکەن ئێمەش ئیشی خۆمان دەکەین. ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندە ،واتە: بێ منت بن چی ئەکەن بیکەن

(١٢٢) ئێوە چاوەڕوانی بکەن ئێمەش چاوەڕوانی دەکەین. هەر چەند ئەمانە هەڕەشەیەکی توندن بەڵام ئەمانە بەر لە فەرزبونی جیهاد بووە.

(١٢٣) تەنها بۆ خوایە نهێنیەکانی ئاسمانانو زەوی‌و تەنها ئەو دەزانێتو عیلمی پێ‌ی هەیەو هەمو کارو بار هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە کەوابو دەی ئێوەش مادام هەمو ئیشەکانتان بۆلای ئەو ئەچێتەوە بیپەرستن تا شەرمەندەی نەبن‌و پشتیش ببەستن بەو، وەپەروەردگارت بێ ئاگانیە لەو شتەی کە ئێوە دەیکەن لە چاكو لە خراپ ئاگای لێ یەتی هەرچاکەیەك کەبەتاڵتان نەکردبێتەوە پاداشتی وەرئەگرن‌و هەر خراپەیەکیش کە تەوبەتان لێ نەکرد بێ‌و الله چاو پۆشی لێ نەکردبێ سزاکەی وەردەگرن. جا کەوابو بۆ پێش هاتنی ئەوڕۆژە بیرلە حاڵی خۆمان نەکەینەوەو بۆ لەو قورئانە سود وەرنەگرین بەلکو خوا رەحممان پێ بکاتو لەتاوانەکانمان چاوپۆشی بکات؟

سورەتی یوسف (١٢) (١١١)

سورەتی یوسف کە سورەتی دوانزەهەمی قورئانە،لە مەکەدا هاتوتە خوارەوە، سەدویانزە ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی پەنجاوسێیەمەو پاش سورەتی (هود)و پێش (الحجر) دابەزیوە. جێنشینەکانی پێغەمبەر وەك عومەرو عوسمان ئەم سورەتەیان لە نوێژی بەیانیدا زۆر دەخوێندەوە. ناوی پێغەمبەر یوسف عليه السلام بیستو حەوت جار لە سێ سورەتی قورئاندا هاتوە یەکجار لە سورەتی

قَالَ يَٰبُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُءْيَاكَ عَلَىٰٓ إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا۟ لَكَ كَيْدًا
إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لِلْإِنسَٰنِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ (٥) وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ
رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ
وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعْقُوبَ كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيْكَ مِن قَبْلُ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ
إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٦) ۞ لَّقَدْ كَانَ فِى يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ
ءَايَٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ (٧) إِذْ قَالُوا۟ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ
أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ (٨) ٱقْتُلُوا۟
يُوسُفَ أَوِ ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا۟ مِنۢ
بَعْدِهِۦ قَوْمًا صَٰلِحِينَ (٩) قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا۟ يُوسُفَ
وَأَلْقُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ ٱلسَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ
فَٰعِلِينَ (١٠) قَالُوا۟ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَ۫نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُۥ
لَنَٰصِحُونَ (١١) أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُۥ
لَحَٰفِظُونَ (١٢) قَالَ إِنِّى لَيَحْزُنُنِىٓ أَن تَذْهَبُوا۟ بِهِۦ وَأَخَافُ
أَن يَأْكُلَهُ ٱلذِّئْبُ وَأَنتُمْ عَنْهُ غَٰفِلُونَ (١٣) قَالُوا۟ لَئِنْ
أَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّآ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ (١٤)

غافرو یەكجار لە ئەنعام و بیستو پێنج جاریش لەم سورەتەدا. پێغەمبەرمان بە كەریمی كوڕی كەریم واتە ڕەوشت بەرزو بەناموسو بەخشندە ناوی دەباتو دەفەرموێ:{ الْكَرِيمُ ابْنُ الْكَرِيمِ ابْنِ الْكَرِيمِ ابْنِ الْكَرِيمِ يُوسُفُ بْنُ يَعْقُوبَ بْنِ إِسْحَاقَ بْنِ إِبْرَاهِيمَ/ متفق عليه/ كەریمی كوڕی كەریم كوڕی كەریمی كوڕی كەریم یوسفی كوڕی یەعقوبی كوڕی ئسحاقی كوڕی ئیبراهیمە. وتراوە وشەی یوسف مانای دوو وشەی "الاسف" واتە غەمو پەژارە وە وشەی "الاسیف" واتە كۆیلەو بەندەی لە خۆ گرتوە، لە سورەتی پێشودا باسی گەلانی هندێك لە پێغەمبەران كرا كە هەمویان دژایەتی پێغەمبەرەكانیان كردو جا سەرئەنجامی هەمویان لەناوچونو توش بون بە سزای پەروەردگار بو بەڵام لێرەدا باسی بەسەرهاتی پێغەمبەرێكمان بۆدەكات كە لەم بەسەرهاتەدا سەرنجامی هەمولایەك بەخۆشیو گەڕانەوە بۆ لای حەقو راستی تەواو دەبێت.

بەناوی اللَّهُ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەلیف،لام،را. هەر الله باشتر ماناو مەبەستی ئەم پیتانە دەزانێت، ئەوە نیشانەكانی ئەو پەراوە ڕۆشن كەرەوەیە كە چاك وخراپ، هیدایەتو گومراهی، حەڵاڵو حەرام، كوفرو ئیمان هەمو رون دەكاتەوە.

(٢) بێگومان ئێمە ئەوەمان بەخوێنراوەیەكی عەرەبی رەوانەكردوە بۆلای تۆ بۆ ئەوەی كە ئێوە فكر بكەنەوەو عەقڵ بخەنە كارەوەو راستو ناراست لە یەك جیا بكەنەوە

(٣) بێگومان كەئێمە باس دەكەینو ئەخوێنینەوە بەسەرتا چاكترین داستان بەهۆی ئەوەی كە وەحیمان كردوەتە لاتەوە كە ئەم قورئانەیەو بێگومان كە تۆ لە پێش دابەزینی ئەم قورئانەدا لەم بارەوەهیچ شتێكت نەدەزانیو بێ ئاگا بووی. ئینجا بەچۆنیەتی ئەم داستانە بەنرخوپڕ لەپەندو ئامۆژگارییە دەست پێ دەكاتو ئەفەرموێ:

(٤) بیر بكەرەوەو باسی ئەوكاتەبكە كەیوسف بەباوكی گووت: ئەی باوكی خۆشەویستم بێگومان من لەخەودا دیم كە یانزە ئەستێرەو رۆژو مانگ سوجدەیان بۆ بردم.

(٥) جا یەعقوبی باوكی لە سەرەنجامی ئەم خەوە ئاگاداركرا بویەوەبۆیە وتی: ئەی كوڕی خۆشەویستم ئەم خەوەی خۆت بۆ براكانت باس مەكەچونكە ئەوان فێڵێكت پێ دەكەن، بێگومان كە شەیتان دوژمنێكی ئاشكرایە بۆ بنیامو براكانت بەم خەوە حەسادەتت پێ ئەبنو شەیتان هەڵیان ئەنێ لەسەر خراپەكاری بەرامبەرت كەواتە شەیتان هەمیشە لە هەوڵدایە بۆ تێكدانو ئاژەوا نانەوە لە بەینی مرۆڤدا، جا ئەو مرۆڤانە چەند لە یەك نزیكتر بن تێكۆشانی ئەو لەعینە زۆرتر دەبێت، وە دەركەوت كە شاردنەوەی نیعمەت بۆ خۆپاراستن لە حەسودی ئیشێكی رەوایە جا بۆیە پێغەمبەرمان دەفەرموێ:{ لَا تُقَصُّ الرُّؤْيَا إِلَّا عَلَى عَالِمٍ أَوْ نَاصِحٍ /الترمذي، صححه الالباني/ خەون باس مەكە مەگەر بۆ عالمێك یان بۆ مرۆڤێكی ئامۆژگاری كەر}

(٦) خۆ هەر ئاواش دەبێت كەپەروەردگارت هەڵتدەبژێرێت لەناو براكانتاو دەتكا بە پێغەمبەرو فێری لێكدانەوەی خەونەكانت دەكاتو نیعمەتی خۆی بەسەر تۆ وبەسەر بنەماڵەی یەعقوب دا تەواو دەكات وەك چۆن نیعمەتی خۆی تەواو كرد بەسەر هەردوو باوكی تۆدا كە ئیبراهیمو ئیسحاق بوون لە پێش یەعقوب دا، بێگومان پەروەردگارەكەت زانەرەو دانایەو دەزانێ چیت پێ ئەدرێ ولەئایندەدا بەچی دەبی. جا لە پاش چل ساڵ ئەم خەونەی یوسفە هاتەدی.

(٧) سوێند بێت کە بەراستی لەبەسەرهاتی یوسف وبراکانی کە یانزەکەس بوون چەندین بەلگە وئامۆژگاری گرنگ هەیە بۆ ئەوانەی کەوا پرسیار دەکەن‌و دەیانەوێ راستییان بۆ دەرکەوێ.

(٨) ئەو کاتەی کە براکانی وتیان: بەراستی یوسف‌و براکەی کە(بنیامین)ـە لەلای باوکمان لەئێمە نازارو خۆشەویستترن لە کاتێکدا کە ئێمە کۆمەڵە پیاوێکین، بێگومان باوکمان لەم بارەوە بەهەڵەدا چووە کە دوو کەسی لە دە کەس زیاتر خۆش ئەوەێ. چونکە دە کوڕ باشتر دەتوانن خزمەت بە باوکیان بکەن‌و سودی پێ بگەیەنن تا کو دوو کوڕ، وتراوە چونکە باوکیان ئایندەیەکی روناك‌و پلەیەکی بەرزی لەبەر چاو بوو بۆ یوسف‌و لەلایەکی تر یوسف وبنیامین دایکان مردبو بۆیە یەعقوبی باوکیان نازی زۆرتری پێدەدان، جا ئەمە بو بە هۆی ئەوەی کە براکانیان حەسودیان پێببەن.

(٩) ئەوسا وتیان:یوسف بکوژن تا کۆتای بەو خۆشەویستیە بێت یان فڕەی بدەنە زەوی‌و ناوچەیەکی دور ئەوکاتە باوکتان رووی یەکلا دەبێت بۆ ئێوەو خۆشەویستییەکەی هەمو بۆ ئێوە دەبێت، ئینجا پاش نەمانی یوسف تەوبە دەکەن‌و دەبن بە گەلێکی چاکیش لەلای باوکتان‌و بەیەك چاو تەماشاتان دەکات و رێزی کەسی تر نادا بەسەرتاندا.

(١٠) یەکێك لەوانە وتی: یوسف مەکوژن بەڵکو فڕەی بدەنە ناو بیرەکەوە تا هەندێ کەسی رێبوار هەڵی بگرێتەوە، ئەگەر هەر سورن لە سەر بڕیاری خۆتان کە یوسف لە باوکتان دوور بکەنەوە. ئینجا هاتن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەخراپەو چونەلای باوکیان،

(١١) وتیان: ئەی باوکی ئێمە بۆچی لە بارەی (یوسف)ـەوە باوەڕت بە ئێمەنیە بۆچی دڵنیانیت لێمان‌و گومانی خراپمان لێ دەکەیت؟ وەبەبێگومان ئێمە دڵسۆزو ئامۆژگاری کەری ئەوین‌و چاکەی ئەومان دەوێت.

(١٢) بەیانی لەگەڵ ئێمەدا بینێرە تا بۆ خۆی بخواو رابوێرێ ویاری بکات، وە بێگومان کەئێمە بەباشی چاودێری دەکەین‌و لەهەمو ناخۆشیەك دەیپارێزین.

(١٣) بەڵام باوکی حەزی نەدەکرد کە بچێت لەگەڵیان دا بۆیە وتی: بێگومان من دڵ تەنگ‌و خەمبار دەبم بەوەی کە ئێوە ئەو ببن لەگەڵ خۆتانداو دەترسم گورگ بیخوات لەکاتێکدا کە ئێوە بێ ئاگا بن لێی‌و سەرگەرمی کارو ئیشی خۆتان بن. جا بەم

فَلَمَّا ذَهَبُوا۟ بِهِۦ وَأَجْمَعُوٓا۟ أَن يَجْعَلُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ ۚ وَأَوْحَيْنَآ
إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَٰذَا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٥﴾ وَجَآءُوٓ
أَبَاهُمْ عِشَآءً يَبْكُونَ ﴿١٦﴾ قَالُوا۟ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ
وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ ۖ وَمَآ أَنتَ
بِمُؤْمِنٍ لَّنَا وَلَوْ كُنَّا صَٰدِقِينَ ﴿١٧﴾ وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ
بِدَمٍ كَذِبٍ ۚ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا ۖ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ ۖ
وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾ وَجَآءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا۟
وَارِدَهُمْ فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُۥ ۖ قَالَ يَٰبُشْرَىٰ هَٰذَا غُلَٰمٌ ۚ وَأَسَرُّوهُ بِضَٰعَةً ۚ
وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾ وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍۭ بَخْسٍ
دَرَٰهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ ﴿٢٠﴾ وَقَالَ
ٱلَّذِى ٱشْتَرَىٰهُ مِن مِّصْرَ لِٱمْرَأَتِهِۦٓ أَكْرِمِى مَثْوَىٰهُ عَسَىٰٓ
أَن يَنفَعَنَآ أَوْ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدًا ۚ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِى
ٱلْأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ۚ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ
أَمْرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢١﴾ وَلَمَّا بَلَغَ
أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٢٢﴾

شێوەیە یەعقوب بیانوشی دا بە دەست کوڕەکانی کە واتە کاتێك کە گومانی خراپ بە کەسێك برا نابێت بەلگەی بەدەست بدەیت کە دژ بە خۆت بەکاری بهێنێت وەك چۆن لێرەدا یەعقوب عليه السلام بۆ براکانی یوسف باس لە مەترسی کوشتنی یوسف بە هۆی گورگەوە دەکات.

(١٤) وتیان: ئەگەر بێت‌و گورگ بیخوات لەکاتێکداکە ئێمە کۆمەڵێکین بێگومان ئەوکاتە ئێمە کۆمەڵێکی بێ خێرو رەنجەڕۆین‌و زیانیکی گەورەمان لە خۆداوە. لێرەدا باوکی وتی: دڵ تەنگ‌و غەمبارم کەبیبەن‌و دەترسم کە گورگ بیخوات کەچی ئەوان وەڵامی دووهەمیان دایەوە، واتە: ئێمە ناهێڵین گورگ بیخوات چونکە مەبەستیان بوو کەخەفەتی بۆ دروست بکەن ورقیان لەوەبو کە باوکیان بۆ تەنها ئەوی خۆش ئەوێت؟ بەڵێ هاتنە سەرنەوەی کەبیبەن لەگەل خۆیانداو ئامادەی رۆیشتن بوون.

(١٥) جا لە کاتێك دا کە باوکیان رازی کردو یوسفیان لەگەڵ خۆیاندا بردو هەمویان هاتنە سەر ئەوەی کە بیخەنە بن بیرەکە، جا الله دەفەرموێت: ئا لەو کاتەدا وەحیمان کردە لای‌و پێمان وت: کە تۆ هەواڵی ئەم بەسەر هاتەیان پێ بڵێ لەکاتێکدا کەئەوان هەست پێ ناکەن. جا چ لەو کاتەدا بوو بێت بەلکو

بیریکەنەوەو ئەو کارە نەکەن یان لەپاش کەوتنە ناوبیرەکەوە
بێت تا دڵخۆش بێتو بزانێت کەلەو گرفتارییەش رزگاری
دەبێت، ئەوەبو لە پاش ئەو ماوە درێژەی کە بەسەریدا
تێپەڕیو بو بە فرمان ڕەوای میسر، براکانی چون بۆ کاروانو
دەغڵو دان کڕین ئەو ناسینیەوە بەڵام ئەوان یوسف یان
نەناسیەوە، پاشان پێیگوتن کە چییان بەسەر براکەی خۆیان
هێناوە؟ بەڵێ ئەوان یوسفیان لەو بیرەدا بەجێ هێشتو
پۆشاکەکەیان خوێناوی کرد،

١٦ حا هاتنەوە لای باوکیان لە وەختی نوێژی عیشاداو
لەحاڵێکدا کە دەگریان،

١٧ وتیان: ئەی باوکی خۆمان بێگومان ئێمە ڕۆیشتینو کێ
بەرکێمان دەکردو یوسفمان لەلای کەلو پەلەکانمان بەجێ
هێشت حا لەو کاتەدا گورگ خواردی. ئەگەرچی دەزانین تۆ
باوەڕمان پێ ناکەیت با ڕاستیش بکەین. هەندێ لە پیشبڕکێکان
بەوەرگرتنی خەڵاتیش هەر ڕەوایە وەك تیر هاوێشتن و
ئەوانەی کە سودی بۆ دین و جیهادکردنی تێدابێ.

١٨ خوێنێکی درۆزنانەیان هێنا بەسەر کوراسەکەیدا، بەڵام لە
بیری ئەوەدا نەبوون کە بیدڕێنن لەگەڵ خوێناوی کردنەکەی دا
حا باوکی کاتێ کەدی کراسەکە نەدڕاوە دەڵێن وتویەتی:
گورگێکی دانا بوە کە کوڕی منی خواردوەو کوراسەکەی
نەدڕاندوە! هەر بەوە زانی کە قسەکانیان ڕاست نیەو وتی:
نەخێر ئەوە وانیە بەڵکو نەفستان شتێکی بۆ جوان کردونو
ئەنجامتان داوە، بە هەرحاڵ هەر چۆن بووە ئیشەکەی من
ئەوەیە کەبەچاکی خۆم بگرمو بەئێوە هیچ نەڵێم، وەهەر الله
یە داوای یارمەتی لێ دەکرێت لەسەر ئەو قسەو باسەی کە ئێوە
دەیکەن بۆ ڕونکردنەوەی ئەم ڕوداوە دڵ تەزێنە داوای یارمەتی
تەنها لە الله دەکەم.

١٩ حا قەدەری پەروەردگاری عالەم لەسەر ئەوەبوو کە
گوزەری جەماعەتێك کەوتە ئەوشوێنە، حا کاروانێك هاتو
ئاوهێنەری خۆیان نارد بۆ ئاودەر هێنان بۆیان، ئینجا ئەو
کابرایە کەهاتە سەر بیرەکە حا ئەوسەتڵەی کەپێی بوو بۆ ئاو
دەرهێنان فڕەی دایە ناو بیرەکەوە یوسف کە ئەو سەتڵەی دی
خۆی بەست بەو پەتی سەتڵەوە حا کاتێ کە ئەو کابرایە
سەتڵەکەی هەڵیکێشایەوە دی وا منداڵێکی نزیك بەبالق بوون
لەگەل سەتڵەکەدا هاتەسەرەوە وتی: ئەی خەڵکینە موژدە بێت
ئەمە کوڕێکە حا بۆ ئەوەی کەسی تر پیان نەزانێتو نەبێ

بەشەریکیانو کەسیش داوایان لێ نەکاتەوە ئەوان لە ناوکەلو
پەلی خۆیان دا شاردیانەوە تا بۆ خۆیان بیفرۆشنو ڤاڵیببڕنەوە،
بێ ئاگا لەوەی کە الله دەیەوێت بەو ئیشەی ئەوان ڤاڵی بڵاو
بکاتەوە، خوا زۆر زانایە بەوەی کە ئەوان دەیکەن.

٢٠ خۆ ئەوان بەنرخێکی کەم فرۆشتیانو ئەوان لەو دراوانە
بێ نیاز بوون و تەماعیان پێی نەبو، واتە: گرنگیان پێنەداو بە
شتێکی زۆر کەمیان دەزانی حا هەر ویستیان لە مل خۆیانی
بکەنەوە، هەندێك دەڵێن: براکانی هەرلەوێ بوون تا ئەو
کاروانە هاتو بەکابرای ئاو دەرهێنەریان وت: ئەو منداڵە هی
ئێمەیەو دەیفرۆشینو حا بەو پارە کەمە فرۆشتیان بەو
کاروانیانەو یوسفیش لە ترسی ئەوە نەوەك بیکوژن قسەی
نەکرد، حا ئەو ڤافڵەیە بەرەو میسر ڕۆیشتنو گەیشتنە شارو
یوسفیان فرۆشت بەپاشای ئەو شارەو دەڵێن موسڵمان بوە.

٢١ حا ئەو کەسەی کە یوسفی کڕی لە میسرا بەخێزانەکەی
وت:ڕێزی بگرە، بەڵکو ئەمە سودمان پێ بگەیەنێت یان بیکەین
بەمنداڵی خۆمان. ئینجا الله ی زاناو دانا ئەفەرموێ: وەهەر
ئاوەها یوسف مان سەقامگیر کردو جێگامان بۆ سازاند لەسەر
زەویداو فێری دەکەین کە چۆن لەقسەکان تێ بگات کاتی کە
وەحیمان کردە لایو چۆن مانای خەوەکان لێك بداتەوە.
وەبێگومان کە الله زاڵە بەسەر هەموو کاروبارەکانیداو ئەوەی
بییەوێت بە جێی دەهێنێت کەپێگەیاندنو تێگەیاندنی یوسف
بەشێکی کەمە لەکردارە جوانە کانی بەڵام زۆربەی خەڵك
نازانن. بەڵێ، براکانی نەیان دەزانی بۆچی باوکیان ئەوندە
یوسف ی خۆش ئەوێ، بەڵام باوکیان ئایندەیەکی ڕوناکی لەبەر
چاو بوو بۆ یوسف ی ونبوو، براکانی یوسف بە گومانی خۆیان
ویستان یوسف بێ نازو سەرکز کەن بەڵام نەیاندەزانی
پیلانەکانیان هەنگاوانێکن بۆ بەرزکردنەوەی زۆرتری یوسفو
بەدیهێنانی خەونەکەی، دەڵێن ئەوەی کە یوسفی کڕی گەورەی
میسر بوەو ناوی ڤیتفیر بوەو ناوی خێزانەکەشی (زەلیخا)بوە
هەرچەند لەناوی هەردووکیان قسەی تر کراوە گرنگ
ڕوداوەکەی یوسفە نەك ناوەکان، چونکە ئەگەر ناوەکان گرنگ
بوایە خوای زاناو دانا باسی دەکرد ئەڵێن کەئەو پاشایە
نەدەچوە لای ئافرەتو منداڵی نەبوەو لەو لاویشەوە بێگومان
دەرکێکی چاکی کرد کە ئەم منداڵە گومانی خەیرو چاکەی
لێدەکرێت، وتراوە: سێ کەس هەستی باشیان هەبووە یەکێك
لەوانە بریتیە لەم پاشای میسرە کە چاوی بەیوسف کەوت
بەخێزانەکەی وت: ڕێزی بگرە، نزیکە ئەم منداڵە لەپاشدا

سودمان پێ بگەیەنێت. دووهەمیان: کچی شوعەیب کە موسای دی وتی بەباوکی: ئەم پیاوە بکە بەمزوری خۆت زۆر بەهێزو ئەمینە. سێهەمیان: ئەبوبەکر کە عومەری دانا لە جێگای خۆیدا بۆ جێنشینی(الخلافه).

(٢٢) جا لە کاتێکدا کەیوسف گەیشتە تەمەنی بەهێزیو باڵق بوونو کەماڵ حوکمو عیلممان پێدا، ئەرێ ئێمە هەر ئاوەها پاداشی چاکەکاران ئەدەینەوە. خوێنەری بەرێز بەدڵەوەلەم داستانە راستە وردبەرەوە بەراستی پوختەی عەقیدەو ئەخلاقی تێدایەودەرخەری سۆزو میهرەبانی خوای داناوزانایە سەبارەت بەبەندەکانیومایەی هێزو ورەبەرزکردنەوەی باوەڕدارانەو روخێنەری بیروبۆچونی پیلانگێڕو خیانەتکارانە.

(٢٣) جائەم ئافرەتەی کە کاتی خۆی یوسفی بۆ کڕاو لە ماڵی دایە داوای ئەنجامدانی کاری خراپی لێ کرد، جا بۆ ئەم مەبەستە یوسف ی بردە ژوورەوە وهەمو دەرگاکانی داخستو پێی وت: وەرە ئامادەیە بۆت. وتی پەنا ئەگرم بەخوا: کەمن شتی وا بکەم بێگومان کە ئەو پیاوە سەرپەرشتی منەو تۆ خێزانی ئەویو بە جوانی رێزی منی گرتوە، جا من چۆن خیانەتی وا بەناموسی ئەو دەکەم، ئەگەر شتی وابکەم من ستەمکارمو بێگومان کە ﷲ ستەمکاران رزگار ناکات. وتراوە کە ئەو پاشایە لەپاشدا لەسەردەستی یوسف موسڵمان بووەو ناوی رەیانی کوڕی وەلید بووەو ئەم عەزیزەی خاوەنی یوسف میرێك بوە لە میرەکانی ئەو پاشایەو وەکو وتمان جا وتراوە ئەویش موسڵمان بووە. جا کاتێك کە ئەو ژنە بانگی یوسف ی کردو پێی وت: پێویستە ئەو ئیشە بکەی خوا ئەفەرموێ:

(٢٤) بێگومان ئافرەتەکە مەبەستی ئەوە بوو کە ئەو خراپەیە بکاتو ئەویش مەبەستی خراپەی کرد وەکو بەشەرو نەفسی پێی خۆشبو ئەگەر بەڵگەی روناکی خوای خۆی نەبینایە بەڵام چونکە ئەو دەیان بەڵگەی روناکی لەهێزو زانایی وکاربەجێی خوای دیبو ئەو کارەی ئەنجام نەدا.وتراوە وشەی(لَوْلَآ) بۆنەکردنە لەبەربونی غەیر واتە، لەبەر بوونی بەڵگەی رون ئەو کارەی ئەنجام نەدا بۆیە خوای گەورە ئەفەرموێ: هەر ئاوەها کەچۆن بەڵگەی رونمان پیشان دا خراپەو داوین پیسیشمان لەو دور خستەوەو نەمان هێشت کە ئەو تاوانە خراپەی دوچار ببێو شەرمەندەی لای خواو گەورەکەی ببێ چونکە بێگومان ئەو لەبەندە هەڵبژێرراو پاڵفتەکانی ئێمە بو.

وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ
وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ
إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ وَلَقَدۡ هَمَّتۡ بِهِۦۖ وَهَمَّ بِهَا
لَوۡلَآ أَن رَّءَا بُرۡهَٰنَ رَبِّهِۦۚ كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ
وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٢٤﴾ وَٱسۡتَبَقَا
ٱلۡبَابَ وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٖ وَأَلۡفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلۡبَابِۚ
قَالَتۡ مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ
أَلِيمٞ ﴿٢٥﴾ قَالَ هِيَ رَٰوَدَتۡنِي عَن نَّفۡسِيۚ وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۡ
أَهۡلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٖ فَصَدَقَتۡ وَهُوَ مِنَ
ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٢٦﴾ وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ فَكَذَبَتۡ وَهُوَ
مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٧﴾ فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ قَالَ إِنَّهُۥ
مِن كَيۡدِكُنَّۖ إِنَّ كَيۡدَكُنَّ عَظِيمٞ ﴿٢٨﴾ يُوسُفُ أَعۡرِضۡ عَنۡ
هَٰذَاۚ وَٱسۡتَغۡفِرِي لِذَنۢبِكِۖ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلۡخَاطِـِٔينَ
﴿٢٩﴾ ۞ وَقَالَ نِسۡوَةٞ فِي ٱلۡمَدِينَةِ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا
عَن نَّفۡسِهِۦۖ قَدۡ شَغَفَهَا حُبًّاۖ إِنَّا لَنَرَىٰهَا فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿٣٠﴾

(٢٥) ئەوسا هەردووکیان بەپەلە بەرەو دەرگای هاتنە دەرەوە رایان کرد یوسف بۆ دەرچونو ئەویش بەشوێن یوسف دا کەنەیەڵێت دەربچێت بەڵکو رازی بکاتو لە پشتەوە لە نزیك دەرگاوە کراسەکەی گرت کەبیگەڕێنێتەوەو یوسفیش هەر بەرەو دەرگا زۆری کرد تا کوراسەکەی دڕاندو لەدەستی دەرچو، جا هەرکە هاتنەدەرەوە لەودەرگادا هەڵتەقین بە مێردەکەی داو زانی پێی زانیون زوو فریای خۆی کەوتو یوسفی بەخراپەکار نیشاداو هاواری کردو وتی: تۆڵەی ئەو کەسەی کە ویستویەتی خراپە لەگەڵ خێزانی تۆدا بکات هیچ نیە بێجگە لەوەی کەزیندان بکرێت یان سزای دەردناك بدرێت، بەم شێوەیە یوسفی بە تاوانبار پیشاندا،

(٢٦) یوسفیش کەلە راستیدا پاك بو بەخێرای وەڵامی دایەوە وتی: نەخێر ئەو داوای لەمن کردوەو من هیچ شتێکم لەگەڵ ئەودا ئەنجام نەداوە، جا ئەم هەواڵە لەناو خزمانی نزیکی پیاوو ژنەکەدا بلاوبویەوەو کەوتنە لێکۆڵینەوەیو هەندێکیان بیروڕای خۆیان دەربای دەربڕی وەکو ئەفەرموێ:جا شایەتێك لە خزمانی ئافرەتەکە شایەتی داو وتی: ئەگەر کراسەکەی لە

فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَـًٔا وَءَاتَتْ
كُلَّ وَٰحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ ٱخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ
وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ
كَرِيمٌ (٣١) قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ ٱلَّذِى لُمْتُنَّنِى فِيهِ وَلَقَدْ رَٰوَدتُّهُۥ عَن
نَّفْسِهِۦ فَٱسْتَعْصَمَ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَآ ءَامُرُهُۥ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا
مِّنَ ٱلصَّٰغِرِينَ (٣٢) قَالَ رَبِّ ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَىَّ مِمَّا يَدْعُونَنِىٓ
إِلَيْهِ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّى كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ ٱلْجَٰهِلِينَ
(٣٣) فَٱسْتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ
ٱلْعَلِيمُ (٣٤) ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّنۢ بَعْدِ مَا رَأَوُا۟ ٱلْءَايَٰتِ لَيَسْجُنُنَّهُۥ
حَتَّىٰ حِينٍ (٣٥) وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجْنَ فَتَيَانِ قَالَ أَحَدُهُمَآ
إِنِّىٓ أَرَىٰنِىٓ أَعْصِرُ خَمْرًا وَقَالَ ٱلْءَاخَرُ إِنِّىٓ أَرَىٰنِىٓ أَحْمِلُ فَوْقَ
رَأْسِى خُبْزًا تَأْكُلُ ٱلطَّيْرُ مِنْهُ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِۦٓ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ
ٱلْمُحْسِنِينَ (٣٦) قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِۦٓ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا
بِتَأْوِيلِهِۦ قَبْلَ أَن يَأْتِيَكُمَا ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِى رَبِّىٓ إِنِّى تَرَكْتُ
مِلَّةَ قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ كَٰفِرُونَ (٣٧)

پێشەوە دڕا بێ ئەوە ئافرەتەکە ڕاست دەکاتو وەئەو درۆ دەکات.

(٢٧) خۆ ئەگەر کراسەکەی لە پشتەوە دڕابێ ئەوە ئافرەتەکە درۆ دەکاتو ئەو لە ڕاستگۆیانە، چونکە ئەگەر یوسف داوای خراپەی لێ بکردایە ئافرەتەکە ڕوبەڕوی دەبویەوەوکراسەکەی لە پێشەوە ئەگرتو ئەیدڕاند بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە داوای خراپەی کرد بێتو یوسف پشتی تێ کردبێ ئافرەتەکە لە پشتەوە کراسەکەی گرتوەو دڕاندویەتی، دیارەئەم قسە کەرەش پیاو ماقوڵو باوەڕ پێ کراوی مێردی ئافرەتەکە بو بۆیە باوەڕیان پێ کردوەو هاتوون تەماشای کراسەکەی یوسفیان کردوە

(٢٨) جا کاتێ دی کراسەکەی لە پشتەوە دڕاوە تێگەیشت کە یوسف ڕاست دەکات، بۆیەڕوی کردەخێزانەکەیو وتی: بێگومان کەئەمە بەشێکە لە فێڵوفرەکانتان، بەبیشك کەفرتو فێڵی ئێوە زۆر گەورەیە، بەڵێ وایەچونکە الله ئەفەرموێ: فڕوفێڵی شەیتان لاوازە بەڵام لەبارەی فڕوفێڵی ئافرەتانەوە ئەفەرموێت:زۆر گەورەیە، ئینجا ڕوی کردە یوسفو وتی:

(٢٩) ئەی یوسف باسی ئەمە مەکەو مەیکە بەدەنگوباس لەناو خەڵکداو بەخێزانیشی وت: داوای لێ خۆشبوون بکە بۆ تاوانو گوناهی خۆت بێگومان تۆ یەکێکیت لە تاوانباران تۆ خۆت ئەمەت کردوەو بوختانیش بۆ یوسف دەکەیت؟! وەك ئەڵێن"قسە کەوتە زاری دەکەوێتە شاری" ئەم قسەیەش کەوتە سەردەمی خەڵكو لەم لاو لا باسیان دەکرد وەکو خوای زاناو دانا بۆمان باس دەکاتو ئەفەرموێ:

(٣٠) کۆمەڵێك لە ژنانی شارەکە کە ئەم هەواڵەیان بیستبو وتیان: بێگومان ژنی عەزیز خۆی داوای کردوە لەگەنجەکەی خۆی کە خزمەتچیەتی لەگەڵیدا بگونجێت بۆ ئەو کارەو بێگومان کە خۆشەویستی ئەو چووتە نادڵیوزاڵ بووە بەسەریاو چاری خۆی ناکات بێگومان ئێمە وائەزانین کە ئەو والە گومڕاهیەکی ئاشکرادا وەسەری لێ تێکچوە.

(٣١) جا کاتێك قسەی ئەو ژنانە گەیشتەوە گوێی زەلیخا ئاشکرایە کە قسەو تانەو تەشەری ئەوانی پێ ناخۆش بوو، چونکە لەبەر جوان خاسیو کەم وێنەی یوسف خۆی لەم کارەدا بەرەوا ئەزانی ،جا بۆ ئەوەی تێیان بگەیەنێت کە خۆشەویستیەکەی ناڕەواو بێجێ نیە ناردی بەشوێنیانداو بانگی کردنو جێاگایەکی بۆ ڕازاندنەوەو سفرەو خواردنێکی بۆ ئامادە کردنوهەریەکەی کێردێکی میوەلەتکردنی پێدان ولە کاتی لەت کردنی میوەکەدا، کەیوسفی لەوان شاردبویەوە وتی: وەرەبچۆ بەناویاندا، یوسف یش هاتو بە شێوەیەکی جوانو بەئەدەبەوە بەناو ئافرەتەکاندا تێپەڕی، جا کاتێك کە یوسف یان دی زۆر بەلایانەوە گەورەو بەڕێزو جوانو بەسام بوو، جا لەبەر تەماشا کردنی یوسف ئاگایان لەدەستو کێرد نەماو دەستی خۆیان بڕی، ئا بەم شێوەیە تێیگەیاندن کە خۆشەویستیەکەم ڕەوایە ئەوانیش وتیان: نەخێر پاكو بێ عەیبی بۆ خوا ئائەم جوانو شۆخو شەنگە مرۆڤ نیە ئەمە بێجگە لە فریشتەیەکی بەڕێز شتێکی تر نیە،

(٣٢) ئینجا زەلیخا پەردەی لەسەر خۆشەویستی بۆ یوسف لاداو بەڕاشکاوی وتی: ها ژنەکان ئا ئەوەیە کە ئێوە تانەو تەشەرتان لەمن داوە، بێگومان کەمن خۆم داوام کردوە لەو واتە دانی نا بە بێ گوناهیو پاکی یوسفداو وتی: بەڵام ئەو خۆی پاراستوەو هیچی لەگەڵ مندا نەکردوە، جا ئەگەر ئەوەی کەمن ئەمری پێ دەکەم نەیکات ئەبێ بەند بکرێت، وەئەبێ ئەو لەریزی مرۆڤە بێ دەسەڵاتو کەم نرخەکاندا بێت.

(٣٣) جا کتو پڕ یوسفیش لەوەڵامی دا وتی: ئەی پەروەردگارم بەندینخانەم پێ چاکترو خۆشەویست ترە لەوەی کەمنی بۆ

وَٱتَّبَعۡتُ مِلَّةَ ءَابَآءِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۚ مَا كَانَ
لَنَآ أَن نُّشۡرِكَ بِٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۚ ذَٰلِكَ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ عَلَيۡنَا وَعَلَى
ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشۡكُرُونَ ﴿٣٨﴾ يَٰصَٰحِبَيِ
ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ
﴿٣٩﴾ مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ
وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ
أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ
ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٤٠﴾ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ أَمَّآ أَحَدُكُمَا
فَيَسۡقِي رَبَّهُۥ خَمۡرٗاۖ وَأَمَّا ٱلۡأٓخَرُ فَيُصۡلَبُ فَتَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ
مِن رَّأۡسِهِۦۚ قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ٱلَّذِي فِيهِ تَسۡتَفۡتِيَانِ ﴿٤١﴾ وَقَالَ لِلَّذِي
ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٖ مِّنۡهُمَا ٱذۡكُرۡنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَىٰهُ
ٱلشَّيۡطَٰنُ ذِكۡرَ رَبِّهِۦ فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجۡنِ بِضۡعَ سِنِينَ
﴿٤٢﴾ وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبۡعَ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ
سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖۖ
يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ أَفۡتُونِي فِي رُءۡيَٰيَ إِن كُنتُمۡ لِلرُّءۡيَا تَعۡبُرُونَ ﴿٤٣﴾

بانگ دەکەن، واتە: چۆنە بەندینخانە هەڵ ئەبژێرم نەك ئەنجامدانی ئەو ئیشە. وە ئەگەر تۆ من لە فرِوفێڵی ئەوان لانەدەیتو یارمەتیم نەدەیت منیش مەیلی ئەوان دەکەم ودوچاری تاوان ئەبم، جا ئەو کاتەش من لە ریزی مرۆڤە نەفامەکاندا دەبم. ئابەم شێوەیە یوسف پاڕایەوە لە پەروەردگاری،

﴿٣٤﴾ پەروەردگاریش تکاکەی وەرگرتو فرِوفێڵی ئەوانی لێ لادا، واتە: بتەوترو بەهێزتری کرد بێگومان کە ئەو زاتە بیسەرە بۆ هەمو داخوازیەکانی مرۆڤ، وە زانەرە بە هەمو ئیشەکانی.

﴿٣٥﴾ لەپاشان بۆیان دەرکەوت کە مرۆڤێکی پاكو خاوێنەو تێکەڵاو بەو شتانە نابێ بەڵام ناگونجێت هەر ئاوا بمێنێتەوەو لەناو خەڵکدا باسی بکرێتو خێزانی گەورەی میسر ناوی زیاتر بزرێت لە بەر ئەوە سوێندیان خوارد ئەبێت هەتا ماوەیەك بخرێتە بەندیخانەوە،

﴿٣٦﴾ بەڵێ خرایە بەندیخانەوەو لەو کاتەشدا دووکەس لە دەستو دایەرەی گەورەی میسر لەگەڵ ئەودا چونە بەندیخانەوە یەکێکیان خواردنی بۆ پاشا دروست دەکردو ئەوی تریان ئاوی بۆ دەهێنا ئەڵێن ویستویانە کە ژار بکەنە ناو خۆراك بۆی بەڵام ئەوەی کە ئاوی پێ سپێررابو نەیکرد ئەوی تر کە خواردنی بۆ دروست دەکرد ژاری کردە ناو خواردنەکەیەوە، جا ئەوەی کە ئاوی بۆ ئەهێنا زانی کە ژار کراوەتە خواردنەکەی پاشاوە، وتی بە پاشا: ئەو خواردنە مەخۆ کابرای خواردن دروست کەریش وتی ئەی پاشام ئەو ئاوەی ئەوە مەخۆرەوە چونکە ژاری تێ کردوە، جا پاشا داوای لە هەردووکیان کرد کە هەر یەکەی لە هی خۆیان بخۆن کابرای ئاوهێنەر خواردیو هیچی لێ نەهات چونکە هیچی تێدا نەبو بەڵام کابرای خواردن دروستکەر خواردنەکەی خۆی نەخوارد، جا پاشا فرمانی دا بەبەندکردنی هەردووکیانو خرانە بەندیخانەوە، جا کاتێ یوسف یان دی کە پیاوێکی دەستو دەم پاكو راستگۆو چاکەکارە لەگەڵ بەندکراوەکانداو لەمانای خەو پەرژێن کردن ئەزانێ زۆریان خۆش ئەویست جا لەو کاتەی کەبەندبوون لەگەلیدا هەردووکیان خەویان دیو بۆ خەو پەرژێن کردن هاتنە لای یوسفو باسی خەوەکانی خۆیان بۆکرد، یەکێکیان وتی: من دیم خەریکم ترێ دەگوشم بۆ پاشام وەکو جاری جارانو ئەوی تریان وتی: من خۆم دی لەخەودا کەبە سەرم نانم هەڵگرتبو کە باڵندە لێیدەخوارد پێمان بڵێ بابزانین کە مانای ئەو دوو خەوەی ئێمە چیە چونکەبێگومان کەئێمە تۆ بەمرۆڤێك لە مرۆڤە چاکەکارەکانت دەزانین. ئینجا یوسفیش ئەمەی بەهەل زانی بۆ گەیاندنی پەیامەکەیو پێش وەڵامی خەوەکانیان راستی بیرو ڕاکەی خۆیو پوچەڵی بیروڕای ئەوانی بۆ روون کردنەوە.

﴿٣٧﴾ وتی: هیچ خواردنێك بۆ ئێوە نایەتو هیچ پێ بژیوێکتان پێ نادرێت مەگەر من خەبەرتان پێ بدەم کەچییە پێش ئەوەی پێتان بگات، واتە: خودا هەندێك لە کارو بارە نهێنیەکانم بۆ رۆشن دەکاتەوە پێش روودانی ئەمەش کەمن بە ئێوە ئەڵێم بەشێکە لەوەی کە پەروەردگارم فێری کردوم واتە ئەوە بەخششێکی پەروەردگارمە، چونکە بێگومان من وازم هێناوە لە ئاینی گەلێك کە باوەڕ ناهێنن بەالله و بێ باوەڕن بەرۆژی دوایی.

﴿٣٨﴾ جا من شوێن ئاینی باوکانی خۆم کە ئیبراهیم وئیسحاق ویەعقوبە کەوتووەو بۆ ئێمە نیە هەرگیز هیچ هاوبەشێك بۆالله بڕیار بدەین ئەوە زیادەڕێزو بەهرەیەکی الله یە لەسەر ئێمەو لەسەر هەمو خەڵکیش بەڵام زۆربەی خەڵك شوکرو سوپاسی ئەو نیعمەتە گەورەیە ناکەن کە الله پێی بەخشیون، جا

قَالُوٓا۟ أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍ ۖ وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ ٱلْأَحْلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾
وَقَالَ ٱلَّذِى نَجَا مِنْهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِۦ
فَأَرْسِلُونِ ﴿٤٥﴾ يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِى سَبْعِ بَقَرَٰتٍ
سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ
وَأُخَرَ يَابِسَٰتٍ لَّعَلِّىٓ أَرْجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٤٦﴾ قَالَ
تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِى سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا
قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ
مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ثُمَّ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ
عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ ﴿٤٩﴾ وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِى
بِهِۦ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ قَالَ ٱرْجِعْ إِلَىٰ رَبِّكَ فَسْـَٔلْهُ مَا بَالُ
ٱلنِّسْوَةِ ٱلَّٰتِى قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ ۚ إِنَّ رَبِّى بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ ﴿٥٠﴾ قَالَ
مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ قُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ
مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوٓءٍ ۚ قَالَتِ ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْـَٰٔنَ حَصْحَصَ
ٱلْحَقُّ أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٥١﴾ ذَٰلِكَ
لِيَعْلَمَ أَنِّى لَمْ أَخُنْهُ بِٱلْغَيْبِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى كَيْدَ ٱلْخَآئِنِينَ ﴿٥٢﴾

یوسف له درێژەی قسەکانیا روی کرده ئەو دو بەندکراوەو بەوشەی جوان وتی:

﴿٣٩﴾ ئەی دوو هاورێکانی بەندینخانەم ئایا خودایانی جیا لەیەك چاكن یان یەك خودای بە توانا؟وتی:

﴿٤٠﴾ ئەوانەی کە ئێوە دەیانپەرستن بێجگە لە چەند ناوێك کە خۆتانو باو باپیرانتان بۆتان داناون شتێکی ترنین کە الله یش هیچ بەلگەیەکی لەسەر پەرستنی ئەوانە نەناردوە، فرمانوبڕیاردان تەنها بۆ الله یە، چونکە ئەم بونەوەرە دروستکراوی ئەوەوهەر ئەودەزانێت چ شتێك بەسوود یان بە زیانیانەو خۆ تێ هەڵقورتان لە کاروباری خەلکدا مادام ئەورێگای پێ نەدابێت دەست درێژی کردنە سەرمافی الله یەو تاوانێکە هەمو بوونەوەر دژایەتی دەکات. دەستوری داوە کە نابێت کەس ببەرستن بێجگە لەخۆی، ئائەوەیە ئاینێکی راستو بەنرخ بەلام زۆربەی خەلك ئەم حەقیقەتەنازاننو بە رێگای چەوتو نارێك دا ئەڕۆن. ئینجا دێتە سەرلێکدانەوەی خەوەکانیانو وتی:

﴿٤١﴾ ئەی دوو هاورێکانی بەندیخانەم، یەکێك لە ئێوە رزگار ئەبێتو ئەچێتە لای پاشاکەیو وەکو جارانی پێشو خواردنەوەی بۆ دروست دەکاتو ئەوی ترتان هەڵدەبەسرێتو دەکوژرێتو سەری باڵندە دەیخوات. ئەڵێن کەئەمەیان بیست وتیان: خەومان نەدیوە. یوسف وتی: ئەو کاروبارەی کە لەبارەیەو داوای خەوپەرژێنتان لەمن کرد چ راست بکەن لە خەوبینینو چ راست نەکەن جێ بەجێ کرا.

﴿٤٢﴾ ئینجا روی کردە ئەو کەسەیان لەو دو رەفیقەی کە دڵنیا بوو لە بەندیخانە رزگار ئەبێ وتی: کاتێ کە چویتە دەرەوە لای پاشاکەت باسی من بکە بەلکو ئازادم بکات لەم بەندیخانە، ئابەم قسەیە شەیتان باسی پەروەردگاری خۆی لە بیر بردەوەو چاوەڕوانی خەلکی تری کرد کەلە بەندیخانە رزگاری بکات، جا لەبەر ئەو کەمە مەیلەی کە کردی بۆ لای بێجگە لە الله ماوەی چەند ساڵ لەو زیندانەدا مایەوە، هەندێك ئەڵێن کابرای ئازاد کراو لە بیری چو، هەردوو ئەگونجێت والله اعلم. تا پاشای میسر خەوێکی دیو جارِیان دا بەناو خەلکا.

﴿٤٣﴾ پاشا وتی: خەوێکم دیوە کەلە خەودا حەوت مانگای لەڕ حەوت مانگای قەڵەویان خواردو حەوت گوڵە گەنمی وشك حەوت گوڵە گەنمی تەڕیان خوارد وتی: ئەی پیاو ماقوڵو خەوپەرژێن زانان مانای ئەم خەوەم بۆ بکەن ئەگەر مانای خەوبینین ئەزانن، ئەوانیش هەرچی ورد بونەوە لەمانای ئەو خەوە تێنەگەیشتن.

﴿٤٤﴾ وتیان: ئەمە خەوێکی تێکەڵو پێکەڵەو ئێمە مانای خەوی ئاوا نازانین.

﴿٤٥﴾ جا ئا لەو کاتەدا کابرای رزگار بوی رەفیقی بەندیخانەی یوسف قسەکەی یوسفو زانیاری ئەوی پاش ماوەیەك کەوتەوە بیرو وتی: من مانای ئەو خەوەتان پێ ئەڵێم ئەویش لە لایەن رەفیقێکی بەندیخانەمەوە ئەگەر بمنێرن بۆ لای ئەوانیش کابرایان نارد بۆ لای ئەو رەفیقەی جا کابرا چو لە بەندینخانەدا یوسف ی دۆزیەوەو وتی:

﴿٤٦﴾ یوسف ئەی دۆستەکەم ئادەی خەو پەرژێنی ئەم خەوەمان بۆ بکە کە حەوت مانگای لەڕحەوت مانگای قەڵەوی خواردوە وحەوت گوڵە گەنمی وشك حەوت گوڵە گەنمی تەڕی خوارد(یان حەوت گوڵەگەنمی وشك سەرکەوتوەبەسەرحەوت گوڵەگەنمی تەڕدا) تا منیش بڕۆمەوە لای خەڵكو ماناکەیان پێ بڵێم، جا یوسف لەمانای خەوەکە تێگەیشت،

۞ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفْسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ
رَبِّيٓۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٥٣﴾ وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ ٱئۡتُونِي بِهِۦٓ أَسۡتَخۡلِصۡهُ
لِنَفۡسِيۖ فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ قَالَ إِنَّكَ ٱلۡيَوۡمَ لَدَيۡنَا مَكِينٌ أَمِينٞ ﴿٥٤﴾ قَالَ
ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ﴿٥٥﴾ وَكَذَٰلِكَ
مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَتَبَوَّأُ مِنۡهَا حَيۡثُ يَشَآءُۚ نُصِيبُ
بِرَحۡمَتِنَا مَن نَّشَآءُۖ وَلَا نُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٥٦﴾ وَلَأَجۡرُ
ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٥٧﴾ وَجَآءَ إِخۡوَةُ
يُوسُفَ فَدَخَلُواْ عَلَيۡهِ فَعَرَفَهُمۡ وَهُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٥٨﴾ وَلَمَّا
جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمۡ قَالَ ٱئۡتُونِي بِأَخٖ لَّكُم مِّنۡ أَبِيكُمۡۚ أَلَا تَرَوۡنَ
أَنِّيٓ أُوفِي ٱلۡكَيۡلَ وَأَنَا۠ خَيۡرُ ٱلۡمُنزِلِينَ ﴿٥٩﴾ فَإِن لَّمۡ تَأۡتُونِي بِهِۦ فَلَا
كَيۡلَ لَكُمۡ عِندِي وَلَا تَقۡرَبُونِ ﴿٦٠﴾ قَالُواْ سَنُرَٰوِدُ عَنۡهُ أَبَاهُ
وَإِنَّا لَفَٰعِلُونَ ﴿٦١﴾ وَقَالَ لِفِتۡيَٰنِهِ ٱجۡعَلُواْ بِضَٰعَتَهُمۡ فِي رِحَالِهِمۡ
لَعَلَّهُمۡ يَعۡرِفُونَهَآ إِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ
﴿٦٢﴾ فَلَمَّا رَجَعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيهِمۡ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مُنِعَ مِنَّا ٱلۡكَيۡلُ
فَأَرۡسِلۡ مَعَنَآ أَخَانَا نَكۡتَلۡ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٦٣﴾

(٤٧) وتی حەوت ساڵ یەك لە دوای یەك شت دەچێنن‌و زەراعەت‌وكشت‌وكاڵ دەكەن‌و هەرزانی ئەبێ بەڵام ئەبێ ئاگاتان لە خۆبێت‌و لەم ماوەیەدا ئەو دەغڵ‌و دانە زایەنەكەن بەڵكو هەرلە كاتێكدا درەوی دەكەن بەگوڵ‌و پێڵوەوە هەڵیگرن _بۆ ئەوەی زۆر بخایەنێت‌و خەسارنەبێ مەگەر كەمێك بۆ ئەوەی كەبیخۆن واتە كەمیش بخۆن‌و زۆریش هەڵگرن.

(٤٨) چونكە لەدوای ئەو حەوت ساڵە حەوت ساڵ گرانی سەخت دێت بەسەرتاندا ئەوكاتە هەرچیتان داناوە لەپێشدا لەو حەوت ساڵە گرانیەدا دەی خۆن مەگەر كەمێ لەوەی كە هەڵی ئەگرن بۆتان بمێنێتەوە، تەنانەت ئەوەیش كە دەچێنرێت هیچ سودێكتان پێ نادات. ئینجا مژدەیشی پێدان‌و وتی:

(٤٩) لەپاش ئەو ساڵانە ساڵێكی تردێت كە بارانی زۆر چاك دەبارێت‌و هەرزانی دێت‌و خەڵك لە هەمو شتێك سود وەرئەگرێت‌و میوەو بەری درختان زۆرئەبن‌و لەو ساڵەدا ئاوی میوەی زۆر ئەگرن، بەم شێوە خەو پەرژێنی خەوی پاشای كرد بۆرەفیقەكەی‌و ئەویش هاتەوە ناو خەڵك‌و لای پاشاو مانای خەوەكەی بەناو یوسفەوە كەلە بەندیخانەیە بۆ پاشا باس كردو پاشایش لە جوانی خەو پەرژێنەكەی سەری سوڕما.

(٥٠) جا پاشا گوتی: بڕۆن بۆم بهێنن، كابراش هات بەشوێن یوسف داو وتی: پاشا بانگی كردویت بۆ لای خۆی، بەڵام یوسف پەلەی نەكرد بۆ هاتنە دەرەوە بەڵكو بە كابرای وت: بگەڕێرەوە بۆلای پاشاكەت، جا پرسیاری لێ بكەبۆچی‌و لەسەر چی ئەو ئافرەتانە دەستی خۆیان بڕی بێگومان پەروەردگارم زۆر زانایە بەفڕوفێڵی ئەوان. واتە: یوسف ویستی پاك‌و خاوێنی ئەو دەركەوێت‌و بزانرێت كەئەم چەند ساڵەی كە بەندكراوە ناڕەوابوەو بوختێانیان بۆ كردوە پێغەمبەری ئازیزمان ﷺلەم بارەیەوە وەسفی یوسف دەكات‌و ئەفەرموێ:{ لَوْ لَبِثْتُ فِي السِّجْنِ مَا لَبِثَ يُوسُفُ ثُمَّ جَاءَنِي الدَّاعِي لَأَجَبْتُ / حسنه الالباني/ واتە ئەگەر من بەو ئەندازەی كە یوسف لە بەندیخانەدابو بمایەمەوە پاشان بانگیان بكردمایە وەڵامی ئەو بانگ كەرەم ئەدایەوە واتە:داوای پاكانە كردنم نەدەكرد.

(٥١) ئاشكرایە پاشا زۆر گرنگی بەم ئیشە داو ئافرەتەكانی كۆكردەوەو وتی: راستی خۆتانم پێ بڵێن‌و چۆن‌و چییتان كرد كاتێ كە داوای ئەو كارەتان لە یوسف كردو ئەو چی كرد لەگەڵ ئێوەدا وتیان: پەنا ئەگرین بەخوا لەوەی كە بختیانی بۆ بكەین بێگومان ئێمە لەو كابرایە هیچ خراپەیەكمان نەدیوە، جا بەم شێوەیە بێگومان پاك داوێنی یوسف لە مانگی چواردە رۆشنتربویەوە، هەر بۆیە زۆر بەزوی خێزانی عەزیزی میسر وتی: بێگومان ئێستا حەق دەركەوت‌و ئاشارێتەوە، من داوام لە ئەوكرد كە ئیشی خراپم لەگەڵدا بكات وبێگومان ئەو لە راستگۆیانە.

(٥٢) ئەو بێنەوبەرەیەكرا تا پاشا بزانێ كە من لە پەنامەكی دا هیچ خیانەتێكم پێ نەكردوەو بێگومان الله خیانەتی خیانەتكاران ئاشكرا دەكات‌و نایەڵێت لە ژێر پەردەدا بمێنێتەوە.

(٥٣) ئەوسا من نەفسی خۆم بەبێوەری نازانم لە تاوان بەڵام لەم بارەوە بوختانم پێ كراوەو بەناڕەوا بەند كراوم، جا بۆیە نامەوێ پاكانەی هەمو تاوانێك لە خۆم بكەم چونكە بێگومان كە نەفس بەزۆری فرمانی خراپ بەمرۆڤ دەكات مەگەر كەسێك پەروەردگارم بەزەیی پێدا هاتبێتەوەو لە خراپەی نەفسی پارێزگاری كردبێت بێگومان پەروەردگارم زۆر چاو پۆشیكارەو بەسۆزە بۆ بەندەكانی. ئا بەم شێوەیە یوسف پاك‌و خاوێنی خۆی دەرخست‌و وانەیەكی زۆر بەنرخیشی بەمرۆڤەكانی پاش

خۆی وتەوە کە چۆن خۆگرو لەسەر خۆو ئارام بن لەکاتی
روبەڕوبونەوە لەگەڵ ئەو بارو دۆخە ناهەموارانەی کە دێتە
ڕێگای‌و هەرچەن کە پاك‌و خاوێن بێ بەڵام نابێ کەم تەرخەم
بێ سەبارەت بە فەرمانەکانی پشت پەردەو نابێ هێمن بێ لە
مەکری خوا هەروەکو چۆن نابێ مەئیوس‌و نائومێدیش بێت،
وەنابێ لە سەرکەشی نەفسی کەمتەرخەم بێ‌و هەمیشە خۆی
وەکو بەفری بێ پەڵە بزانێ بێگومان ئەگەر تەماشای ئەم
چیرۆکەی یوسف بکەین‌و هەوڵدەین کە سودەکانی بنوسین
زەمانێکی زۆری ئەوێ جامن هەوڵ ئەدەم شتێکی کەمی لێ باس
بکەم باقی بەجێ بێڵم بۆ خوێنەرانی ئازیز، هەندێك ئەڵێن
ئەم قسانە لە﴿ ٱلۡـَٔـٰنَ حَصۡحَصَ ٱلۡحَقُّ إِنَّ... ﴾تاکو ﴿ رَبِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ
٥٣ ﴾قسەی زلیخایە ئەویش هەرهەمان مەبەست ئەگەیەنێ
والله اعلم. ئینجا پاش ئەم ڕۆشن بونەوە گرنگە.

٥٤ پاشا وتی: بیهێنن بۆم من بەتایبەت ئەوم بۆ خۆم دەوێت
ئینجا ڕۆیشتن‌و هێنایان، جا کاتێك کە قسەی لەگەڵدا کرد
زیاتر لێ هاتوی‌و پاکییە تێکەی بۆرونتربویەوە وتی: ئەمڕۆ تۆ
لەلای ئێمە مرۆڤێکی جێگادارو ئەمینی وبەهەڵس وکەوت
وزانایی‌و دانابیت جێگای خۆتت لەدڵی ئێمەدا کردوەتەوە،
ئینجا یوسف بۆ ڕاگەیاندنی بیرو ڕاکەی خۆی ئەم قسەیەی
بەهەل زانی،

٥٥ وتی: دام بنێ لەسەر خەزێنەی ئەم وڵاتەدا واتە بمکە
بەسەرپەرشت‌و لێ پرسراوی دارای میسر بێگومان من زۆر
پارێزەری ئەو سەروەت‌و سامانەم‌و زۆر چاك ئەزانم چۆن
پەرەی پێ بدەم‌و چۆنی دابەش بکەم‌و ساڵانی هەرزانی چی
بکەم بۆ ساڵانی گرانی کەدێت، بەڵێ پاشایش وەکو لە پێشەوە
پەنجەمان بۆ خشاند موسڵمان بو وسەرپەرشتی‌و لێ پرسراوی
دارای دایە دەست یوسف. بەڵێ ئا بەم شێوەیە یوسفی ناو
زیندان بو بەگەورەو ناوداری میسر، یوسفی ئاوارەو فرۆشراو
بختیان بۆ کراو بو بەناسراوترین‌و پاك‌و خاوێن ترین‌و
بەدەسڵات ترینی خەڵکی میسر بەراستی هەر خوایە زاناو داناو
ئەزانێ چۆن بارو دۆخی مرۆڤ بگۆڕێت‌و چۆنی بپارێزێت‌و
چۆن سەقامگیری بکات، بەڵێ ڕاست ئەفەرموێ:

٥٦ هەر ئاوەها ئێمە یوسف مان پایەدارو جێگیر کرد لەسەر
زەویدا ئەوسا ژیانی لەچوارچێوەی دیواری زینداندا بوو، وا
ئێستا لەهەر جێگایەکی میسردا کە خۆی ئارەزۆ لێ بێ
دائەنیشێت، بەم شێوە داستانەکە دێنێتە بەرچاومان‌و
ئەفەرموێ (يَتَبَوَّأُ_نەك_بَوَّأ) ئینجا ئەفەرموێ: ئێمە هەر
ئاوەها ڕەحمەتی خۆمان ئەدەین بەو کەسەی کە ئارەزۆمان لێ
بێت‌و ئێمە پاداشی چاکەکاران نافەوتێنین لە دنیادا.

٥٧ خۆ پاداشتی ڕۆژی دوایی چاکترە لەو پاداشەی دنیایان بۆ
ئەو کەسانەی کەلە خواترسن‌و بەئیشی چاك‌و بەندایەتی پاك
خۆیان لە سزای خوا ئەپارێزن. بەڵێ: ساڵەگرانی دەستی
پێکردو هەمو وڵاتی گرتەوەو یەعقوبیش کوڕەکانی نارد بۆ
هێنانی دەغڵ‌و دان‌و ناوی یوسفیش وەکو پاشایەکی بەرەحم‌و
بەخشندەی میسری کەوتە ناو خەڵکەوە.

٥٨ جا ئەو برایانەی یوسفیش هاتن بۆ لای بۆ ئەوەی
یارمەتیان بدات، جا ئەو ئەوانی ناسیەوە بەڵام ئەوان ئەوییان
نەناسیەوە، چونکە لە کاتی خۆی ئەو ئەوانی دیبو گەورە
بوون‌و شتێکی وانە گۆڕا بوون بەڵام یوسف منداڵ بوو
باوەڕیشیان نەدەکرد کە ئەو هیچ کات بگاتە پلەو پایەکی
ئەوندە گەورەو بەناوبانگ، جا یوسف حەزی لە گەڕانەوەی
ئەوان بو لەبەر ئەوە،

٥٩ کاتێك ئەوەی کە بۆی هاتبون پێی دان‌و ئامادەی کردن،
وتی: ئەو برا باوکیەتانم بۆ بێرن مەگەر ئێو خۆتان نابینن
کەمن پێوانەی تەواوتان بۆ دەکەم؟ ئەگەر چی ئێوە پارەی
کەمتان پێیە، وە ئایا ئێوە نابینن کە باشترین کەسم لەو
کەسانەی کە ئێوە چونەتە لای‌و چاکترین خواردن ئەدەم
بەمیوان واتە: دڵنیابن کەمن مەبەستی خراپم نیە لە
داواکردنی برا باوکیەکەتان، ئەڵێن یوسف کاتێ ناسینی
پرسیاری زۆری لێ کردون لەوانە کە ئێوە خەڵکی کوێن‌و
کوڕی کێن‌و چەند بران؟ ئەوانیش وتیان کە ئێمە خەڵکی
کەنعانین‌و کوڕی یەعقوب پێغەمبەرین‌و دوانزە برابوین
دەمان باوك‌و دایکیین‌و ئێستە لێرەین‌و برایەکی باوکیمان
لە ماڵدایەو یەکێك لە برا دایکیەکەمان نەماوە جا بۆیە
ئەویش حەزی کرد کە برا باوك‌و دایکیەکەی خۆی
پێشەکی ببینێت بۆیە ئەوداوایەی لێ کردن‌و وتی:

٦٠ ئەگەر ئەو برایەتان نەهێنن لەگەڵ خۆتان دا بزانن کە
ئیتر لە لای من هیچ شتێك بۆ ئێوە پێوانە ناکرێت‌و بە ئێوە
نافرۆشرێت وەنزیکیشم مەکەونەوە.

قَالَ هَلْ ءَامَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَآ أَمِنتُكُمْ عَلَىٰٓ أَخِيهِ مِن
قَبْلُ فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَٰفِظًا وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٦٤﴾ وَلَمَّا فَتَحُوا۟
مَتَٰعَهُمْ وَجَدُوا۟ بِضَٰعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ قَالُوا۟ يَٰٓأَبَانَا
مَا نَبْغِى هَٰذِهِۦ بِضَٰعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا وَنَمِيرُ أَهْلَنَا وَنَحْفَظُ
أَخَانَا وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ ﴿٦٥﴾ قَالَ لَنْ
أُرْسِلَهُۥ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ لَتَأْتُنَّنِى بِهِۦٓ إِلَّآ
أَن يُحَاطَ بِكُمْ فَلَمَّآ ءَاتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ
﴿٦٦﴾ وَقَالَ يَٰبَنِىَّ لَا تَدْخُلُوا۟ مِنۢ بَابٍ وَٰحِدٍ وَٱدْخُلُوا۟ مِنْ أَبْوَٰبٍ
مُّتَفَرِّقَةٍ وَمَآ أُغْنِى عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا
لِلَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٦٧﴾ وَلَمَّا
دَخَلُوا۟ مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم مَّا كَانَ يُغْنِى عَنْهُم
مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ إِلَّا حَاجَةً فِى نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَىٰهَا وَإِنَّهُۥ
لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَٰهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ
﴿٦٨﴾ وَلَمَّا دَخَلُوا۟ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَخَاهُ قَالَ
إِنِّىٓ أَنَا۠ أَخُوكَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٦٩﴾

(٦١) وتیان: بەم زوانە قسە لەگەڵ باوکیا دەکەین‌و زۆر هەوڵ ئەدەین‌و بێگومانبە کەئێمە بۆئەم داخوازیەی تۆ بەگوێرەی توانای خۆمان هەوڵی بۆ ئەدەین. جا یوسف بۆ ئەوەی کەئەوان زیاتر سوربن لە سەر گەڕانەوە،

(٦٢) لەو کاتەدا بە کۆمەڵە گەنجێك کە خەریکی ڕێکخستنی بارەکانیان بوون وتی: ئەو کەل‌و پەلانەی هێناویانە بۆ کڕینی خۆراك بیخەنەو ناو بارەکانیانەوە تائەوان هەرکاتێ گەڕانەوەبۆ ناو خاو خێزانی خۆیان ئەو کەل‌و پەلەی خۆیان بناسنەوەو وراستی‌و دڵسۆزی پاشای میسریان بۆ ئاشکرا ببێ‌و بەم هۆیەوە بتوانن باوکیان ڕازی بکەن کە برا باوکیە کەیان لە گەڵدا بنێرێ بەڵکو هەمویان جارێکی تربگەڕێنەوە بۆ میسر.

(٦٣) جا کاتێك کە گەڕانەوە بۆلای باوکیان وتیان: ئەی باوکی خۆشەویستمان بێگومان ئێمە ئیتر شتمان پێ نادرێت مەگەر براکەی ترمان لەگەڵدا بنێری بۆ سەفەر، جا کەوابو داوات لێ دەکەین کە ئەو برایەشمان لە گەڵدا بنێرە ئێمە پێوانەی خۆمان بەتەواوی وەر ئەگرین‌و بێگومان ئێمە چاودێری دەکەین‌و نایەڵین هیچی بەسەربێ.

(٦٤) ئینجا یەعقوب وتی: ئایا دڵنیابم لێتان سەبارەت بەو مەگەر هەر بەو شێوەی کە دڵنیا بووم لێتان سەبارەت بە براکەی لەپێشدا؟ واتە پاش ئەوەی کە ئێوە ئاواتان کرد بە یوسفی برای ئیتر چۆن دڵنیا بم لێتان سەبارەت بەمیش‌و من جارێك گەزراووم، هەرچەندە کە من دڵنیام کە خوا چاودێرێکی زۆر چاکەو ئەو لە هەمو خاوەن سۆزو بەرەحمەکان بەسۆزو بەرەحم ترە، وە گفتی پێ نەدان کەئەو برایەیان پێ بدات.

(٦٥) بەڵام کاتێك کە کەل وپەلیان کردەوە سەیریان کرد ئەو کەل وپەلانەی کە بردویانە بیدەن بەحەقی خۆراك هەموی لەناو بارەکانیاندایەو بۆیان گەڕاندونەتەوە، جا بەخۆشحاڵیەوە وتیان: ئەی باوکی بەڕێزمان ئێمە لەوە زیاتر چیمان دەوێت تەماشاکە لەگەڵ هێنانی ئەو هەموو خۆراکەدا ئەمە کەل‌و پەلەکەمانە کەهەمویمان بۆگەڕێنراوەتەوە، جا ئەگەر تۆ براکەمان لەگەڵدا ڕەوانەبکەیت لەگەل خۆماندا ئەیبەین‌و خۆراکی زیاتر ئەهێنین بۆ خاو خێزانمان‌و چاودێری براکەمان دەکەین، وە ئێمە باری وشترێك زیاتر ئەهێنین چونکە هەرکەسێك بارێکی پێ ئەدرێ، ئەوە پێوانەیەکی کەمەو ئاسانە لە لای ئەو پاشایە مادام ئەو بێت لەگەڵماندا بارێك زیاتر ئەهێنین، جا هەر بەگەڕانەوەی نرخی کەل وپەلە خۆراکیەکان ئەبێت دڵنیا بیت کە ئەو پاشایە نیەتی خراپی نیە لەگەڵماندا.

(٦٦) وتی: ئەو نانێرم لەگەڵتاندا هەتا پەیمانێکی زۆر بتەوم پێ نەدەن‌و سوێندم بۆ نەخۆن بە خودا کە ئێوە بیهێننەوە لەگەڵ خۆتاندا مەگەر بەڵایەك بێت‌و هەموتان بگرێتەوە، ئەوانیش بەڵێنیان بەباوکیان دا کە بەباشی چاودێری ئەو برایانە بکەن‌و باوکیشیان بەو سەفەرەی کوڕەکەی(بنیامین) لەگەڵیاندا ڕازی بوو، جا کاتێك کەئەوان پەیمانیان دا بەو وتی: خوا چاودێرو شایەتە لەسەر ئەوەی کە ئەیڵێین. ئینجا کەوتە ئامۆژگاری کردنیان،

(٦٧) وتی: ئەی کوڕەکانم کاتێ چونە شار لەیەك دەرگاوە مەچنە ناوەوە بەڵکو بەش بەش ببن‌و لە چەند دەرگایەکی جیاجیاوە بچنە ژورەوە، یەعقوب بەو شێوە ویستی کوڕەکانی لە چاوی پیس بپارێزێ‌و وتی: خۆ من بەم ئامۆژگاریەم ناتوانم هیچ زیانێك لەسەر ئێوە لابەرم ئەگەر خودا خۆی ئارەزۆی لێ بێت واتە: خۆپاراستن قەدەری خوا ناگەڕێنێتەوە، چونکە هیچ بڕیارو حوکمێك نادرێ‌و ناکرێ مەگەر خودا خۆی بیکات لەبەرئەوە تەنها پشت بەو دەبەستم، وە تەنها با ئەو بکەن بەپشت‌و پەنای خۆیان ئەوانەی کە پشت‌و پەنایان دەوێ، بەڵێ

فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ ٱلسِّقَايَةَ فِي رَحْلِ أَخِيهِ ثُمَّ
أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا ٱلْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَٰرِقُونَ ﴿٧٠﴾ قَالُوا۟ وَأَقْبَلُوا۟
عَلَيْهِم مَّاذَا تَفْقِدُونَ ﴿٧١﴾ قَالُوا۟ نَفْقِدُ صُوَاعَ ٱلْمَلِكِ
وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٌ ﴿٧٢﴾ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ
لَقَدْ عَلِمْتُم مَّا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِي ٱلْأَرْضِ وَمَا كُنَّا سَٰرِقِينَ
﴿٧٣﴾ قَالُوا۟ فَمَا جَزَٰٓؤُهُۥٓ إِن كُنتُمْ كَٰذِبِينَ ﴿٧٤﴾ قَالُوا۟ جَزَٰٓؤُهُۥ
مَن وُجِدَ فِي رَحْلِهِۦ فَهُوَ جَزَٰٓؤُهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلظَّٰلِمِينَ
﴿٧٥﴾ فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَآءِ أَخِيهِ ثُمَّ ٱسْتَخْرَجَهَا مِن
وِعَآءِ أَخِيهِ ۚ كَذَٰلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ ۖ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ
فِي دِينِ ٱلْمَلِكِ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ۗ
وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴿٧٦﴾ ۞ قَالُوٓا۟ إِن يَسْرِقْ
فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُۥ مِن قَبْلُ ۚ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِۦ
وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ ۚ قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا ۖ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا
تَصِفُونَ ﴿٧٧﴾ قَالُوا۟ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْعَزِيزُ إِنَّ لَهُۥٓ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا
فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُۥٓ ۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٧٨﴾

یەعقوب بەم شێوە ویستی لە چاوی چاوپیسان دوریان بخاتەوە، جونکە چاوپیس وەکو چەکی لەسەر پێ وایەو هەر کە قسە هات بەدەمیا ئەو تیرە دەر ئەچێت‌و نیشانە ئەپێکێت _بە ئارەزۆ خوا_وەپێغەمبەرمان هیمای بۆ ئەو چاوانە کردوەو چەندین فەرمودەی لەو بارەوە فەرموە یەکێك لەوانە {الْعَيْنُ حَقٌّ/ متفق عليه/ چاوی پیس راستە دەپێکێت}

هەروەها ئەڵێن: سەهلی کوڕی حونەیف لە کەنار . ئاوێکەلە مەدینە . لیباسی لەبەرکەندو خۆی شۆرد عامیری کوڕی رەبیعە تەماشای کرد، سەهل پیاوێکی سپی پێست‌و جوان بو وتی: هەرگیز وەکو ئەمڕۆ پێستێکی شاراوەی ئەوەندە جوانم نەدیوە کتوپڕ سەهل تایەکی توند دای گرت جا هەواڵی نەخۆشی سەهل بە پێغەمبەر ﷺ راگەیەنراو وترا ناتوانێ لەگەڵتابێت ئەی پێغەمبەر ﷺ پێغەمبەری خوا هات‌و سەهل بەسەر هاتی خۆی‌و عامیری بۆ باسکرد، ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرموی:{ عَلامَ يَقْتُلُ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ؟ أَلاَّ بَرَّكْتَ، اغْتَسِلْ لَهُ ». فَغَسَلَ عَامِرٌ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ، وَمِرْفَقَيْهِ وَرُكْبَتَيْهِ، وَأَطْرَافَ رِجْلَيْهِ، وَدَاخِلَةَ إِزَارِهِ فِي قَدَحٍ، ثُمَّ صُبَّ عَلَيْهِ، فَرَاحَ سَهْلٌ مَعَ النَّاسِ لَيْسَ بِهِ بَأْسٌ / موطا، النسائي، صححه الالباني/ لەسەر چی ئێوە برای خۆتان دەکوژن بۆ ئەو کاتە موبارك بایت لێ نەکرد . بارك الله . خۆت بشۆرە بۆی ئەڵێن:عامیر دەم‌و چاوو دەستی‌و ئەنیشکەکانی‌و هەردوو ئەژنۆی‌و شەرمگەی‌و هەردو قاچی شۆردنە ناو کاسەیەکەوەو لە پاشا ئەو ئاوە رژێنرا بەسەری سەهل داو دەم‌و دەست چاك بویەوە وەك ئەوەی کە هەرگیز نەخۆش نەبوبێت‌و لە خزمەت پێغەمبەرداﷺ رۆیشتن }جا کوڕانی یەعقوب رۆیشتن وکاتێ گەیشتنە میسر ئابەو شێوەی کەباوکیان فرمانی پێدان چونە شارەوە،

(٦٨) جا لە کاتێکا کە چونە شارەوە لەو شوێنانەوە کە باوکیان دەستوری پێدا بوون کە ئەو چونە شارە بەو شێوەیە نەبو بەهۆی ئەوەی کە ئەوان بپارێزێ لەوەی کە خوا ئەیویست بۆیان بەڵکو ئەمەتەنها نیازێکی ناو دڵی یەعقوبی باوکیان بوو کەبەو شێوەیە جێ بەجێی کرد، بێگومان ئەو خاوەنی زانیارییەك بوو بۆ ئەو شتەی کە ئێمە فێرمان کردبو لە بەرنامەی ئایین‌و خودا ناسی‌و ئیشی پێ دەکرد بەڵام زۆربەی خەڵك ئەوەیان نەدەزانی، ئەگونجێ مەبەست ئەوەبێ کە خوا یەعقوبی تێگەیاندبێ کە یوسف ماوەو پەیدا ئەبێتەوە بەڵام خەڵکی تر ئەوەیان نەئەزانی.

(٦٩) جا لە کاتێکدا کە چونە لای یوسف براکەی بەشێوەیەکی نهێنی بردە لای خۆی‌و پێی وت: دڵنیابە کەمن برای تۆم، هیچ دڵت نەترسێ‌و ئەمەوێ تۆ لای من بمێنێیتەوەو فێڵێك لەوان بکەم کە جارێ ئەم ناسنەوە جا تۆ لەوەی کە پیاوانی مەئمور لەگەڵتا دەکەن نائومێد مەبە. بەڵێ‌یوسف نە خشەی کاری گلدانەوەی بنیامینی ئابەم شێوەیەبۆکێشان.

(٧٠) جا لە کاتێکا کە مەئموری دەغڵ‌و دان فرۆش کەل‌و پەلیان ئامادە کرد لەو کاتەدا ئەو کاسەیەی کە ئاوی پێ ئەخواردو پێوانەی پێ دەکرا بەشێوەیەکی نهێنی خۆی یان کەسێکی نزیکی خۆی خستیە ناو باری براکەیەوە لە پاش کەوتنە رێگا جارچییەك جاڕی داو وتی: ئەی قافڵە مەچن بێگومان ئێوە دزن.

(٧١) گوتیان لە حاڵێکدا کە رویان تێ کردن: چیتان لێ ون بووە؟

(٧٢) وتیان: کاسەی پاشامان لێ ون بووەو هەر کەسێك بیهێنێتەوە یەك باری وشتر خۆراکی پێ ئەدرێت‌و من خۆم کەفیلی ئەومە کە ئەو بارە وشترەی پێ بدەم لێرەدا چەند حوکم هەیە لەوانە ١-دانانی شت بۆ کەسێك شتێکی گوم بوو بدۆزێتەوە(الجعاله)٢-دروستە کەسێك ببێ بەزامن‌و کەفیلی

کەسێکی تر(الکفالە) ٣-ئەگەر کەسێك لەناو کۆمەڵێکدا خراپەیەکی کرد مادام کابرای خراپەکار دیارنەبێ دروستە بەهەموویان بڵێیت خراپەکارن(انکم لسارقون/ بێگومان ئێوە دزن) بەڵام چونکە ئەوان لەمبارەوە هیچیان نەئەزانیو خۆیان بەبێ تاوان ئەزانی زوو هاتنە وەڵام ،

(٧٣) وتیان: بەخوا ئێوە باش ئەزانن کە ئێمە نەهاتوین بۆ ئەوەی کە خراپە بکەین لەم شوێنەداو ئێمە دزنین، جا ئەوانیش.

(٧٤) وتیان: باشە سزای ئەو کەسە چی بێت ئەگەر ئێوە درۆ بکەنو ئەو کاسەتان دزی بێ؟

(٧٥) وتیان: سزای ئەوکەسەی کە ئەو کاسەیەی لە ناو بارەکەیدا پەیدا ببێت کردن بەبەندەیەتی هەر ئەوە سزایەتی لەیاسای ئێمەدا هەرئاوەها تۆڵە لە ستەمکاران ئەستێنین، واتە: لەشەریعەتی ئیبراهیم دا بەند کردن سزای دزان بووە ئەوانە بەو شێوە قسەیان کرد چونکە دڵنیابوون هیچ کامیان ئەو کاسەیەی نەدزیوە.

(٧٦) جا کابرای مەئمور دەستی کرد بەبشکنینی بارەکانی تر بەرلەوەی دەست بکات بەبشکنینی باری براکەی بۆ ئەوەی گومان نەبرێت کە ئەمە فێڵ بووە لە پاشان لە باری براکەی دەری هێناو بەدز ناسرا. ئینجا خوا ئەفەرموێ: هەر ئاوەها ئیشمان بۆ یوسف کرد بۆ ئەوەی لەو ڕێگاوە بێ ترسو بێ قسەی براکانی تری (بنیامین)ی برای تاماوەیەك لەلای خۆی گل بداتەوەو ئەوانیش هێشتا نەیناسنەوە، وە ئەو بنیامین ی برای خۆی بەگوێرەی یاسای پاشای میسر سزانەدا، بەڵکو ویستی پێشەکی براکانی ئامادەی ئەنجامدانی شەریعەتی یەعقوب ببن چونکە ئەو یاسای یەعقوبی لەو بارەوە ئەزانی بۆیە خوای زانا وەسفی دەکاتو ئەفەرموێ: ئێمە بەرز دەکەینەوە پلەی هەر کەسێك کە ئارەزۆمان لێ بێت، وەلە سەر هەمو زانایەکەوە زاناتر هەیە لەسەر هەمووانەوە (ﷻ)یە جل جلالە، بەڵێ،کاتی خۆی ئەوان یوسفیان دوچاری ئەو هەموو ناڕەحەتیو ئاوارەیو دەردە سەرییەکرد بەڵام ئەو بەم کەمە دڵتەنگیەی ئەوان وازی هێنا. جا ئیتر ئەوان هیچیان بۆ نەمایەوە دەستیان کرد بەپاکانەکردنی خۆیان،

(٧٧) وتیان: ئەگەر ئەو ئەمڕۆ دزی کردوە بێگومان لە پێشەوە برایەکی هەبووە دزی کردوەو ئەمیش ئەو ڕەووشتەی ئەوی

قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ أَن نَّأۡخُذَ إِلَّا مَن وَجَدۡنَا مَتَٰعَنَا عِندَهُۥٓ إِنَّآ
إِذٗا لَّظَٰلِمُونَ (٧٩) فَلَمَّا ٱسۡتَيۡـَٔسُواْ مِنۡهُ خَلَصُواْ نَجِيّٗاۖ
قَالَ كَبِيرُهُمۡ أَلَمۡ تَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ أَبَاكُمۡ قَدۡ أَخَذَ عَلَيۡكُم
مَّوۡثِقٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَمِن قَبۡلُ مَا فَرَّطتُمۡ فِي يُوسُفَۖ فَلَنۡ أَبۡرَحَ
ٱلۡأَرۡضَ حَتَّىٰ يَأۡذَنَ لِيٓ أَبِيٓ أَوۡ يَحۡكُمَ ٱللَّهُ لِيۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡحَٰكِمِينَ
(٨٠) ٱرۡجِعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيكُمۡ فَقُولُواْ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّ ٱبۡنَكَ سَرَقَ
وَمَا شَهِدۡنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمۡنَا وَمَا كُنَّا لِلۡغَيۡبِ حَٰفِظِينَ
(٨١) وَسۡـَٔلِ ٱلۡقَرۡيَةَ ٱلَّتِي كُنَّا فِيهَا وَٱلۡعِيرَ ٱلَّتِيٓ أَقۡبَلۡنَا فِيهَاۖ
وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ (٨٢) قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗاۖ
فَصَبۡرٞ جَمِيلٌۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَنِي بِهِمۡ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ
ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ (٨٣) وَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ وَقَالَ يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ
يُوسُفَ وَٱبۡيَضَّتۡ عَيۡنَاهُ مِنَ ٱلۡحُزۡنِ فَهُوَ كَظِيمٞ (٨٤)
قَالُواْ تَٱللَّهِ تَفۡتَؤُاْ تَذۡكُرُ يُوسُفَ حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا
أَوۡ تَكُونَ مِنَ ٱلۡهَٰلِكِينَ (٨٥) قَالَ إِنَّمَآ أَشۡكُواْ بَثِّي
وَحُزۡنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ (٨٦)

هەڵگرتوە گوایە ئەڵێن: یوسف بەدزیەوە خواردنی ئەدا بەفەقیرانو لەم بارەوە چەندین قسەی تر کراوە زۆر جێگای باوەڕنیە، هەرچی بو بێت چ چاکی کردبێ وەکو ئەوەی پێشو یان بتی دزی بێو شکاندبێتی یان بەرواڵەت چاك نەبێ ئەو لەو کاتەدا پێش باڵغبونو پێش پێغەمبەرایەتی بووەو جێگای لۆمەو سەرزەنش نیە بەڵام خۆنەوان هەموویان پیاوی گەورە بوون ئەو هەمو ئێشو ئازارەیان بۆ یوسف دروست کردو ئێستاش خۆیان بەچاك پیشان ئەدەن؟! وتراوە "هەرکەس بەتەنیا بچێتەلای قازی ئەگەڕێتەوە بەرازی" چونکە کەس نیە بەرپەرچی بداتەوە، ئێستا ئەوان ئاوا بە یوسف ئەڵێنو بێ ئاگان لەوەی کەئەمە یوسفی بوختانیان بۆکراوە؟! بەڵام یوسف زۆر بەچاکی دانی بە خۆی داگرتو خۆی ئاشکرا نەکرد وەك خودا دەفەرموێت: یوسف ئەم روداوەی لە ناو دڵی خۆی شاردەوەو ئاشکرای نەکرد بۆیان تا هەست بەهیچ نەکەنو بەنهێنی وتی: بێگومان ئێوە جێگاتان خراپتر بوو. ئینجا بەئاشکرا وتی: هەر خوا زانایە بەو وەسفەی کە بۆ برای بنیامینی دەکەن، بەڵێ ئەوان پاش ئەوقسەیەش کەکردیان چونکە دڵتەنگی باوکیان زۆر بەلاوە گرنگ بو هەستان بەپاڕانەوە لە یوسف بەڵکو دڵی نەرم بێو بنیامینیان پێ بداتەوە.

يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ
مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ
٨٧ فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيۡهِ قَالُواْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهۡلَنَا ٱلضُّرُّ
وَجِئۡنَا بِبِضَٰعَةٖ مُّزۡجَىٰةٖ فَأَوۡفِ لَنَا ٱلۡكَيۡلَ وَتَصَدَّقۡ عَلَيۡنَآۖ
إِنَّ ٱللَّهَ يَجۡزِي ٱلۡمُتَصَدِّقِينَ ٨٨ قَالَ هَلۡ عَلِمۡتُم مَّا فَعَلۡتُم
بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذۡ أَنتُمۡ جَٰهِلُونَ ٨٩ قَالُوٓاْ أَءِنَّكَ
لَأَنتَ يُوسُفُۖ قَالَ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِيۖ قَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ
عَلَيۡنَآۖ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ
ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٩٠ قَالُواْ تَٱللَّهِ لَقَدۡ ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا
وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ ٩١ قَالَ لَا تَثۡرِيبَ عَلَيۡكُمُ
ٱلۡيَوۡمَۖ يَغۡفِرُ ٱللَّهُ لَكُمۡۖ وَهُوَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ٩٢
ٱذۡهَبُواْ بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلۡقُوهُ عَلَىٰ وَجۡهِ أَبِي يَأۡتِ بَصِيرٗا
وَأۡتُونِي بِأَهۡلِكُمۡ أَجۡمَعِينَ ٩٣ وَلَمَّا فَصَلَتِ
ٱلۡعِيرُ قَالَ أَبُوهُمۡ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَۖ لَوۡلَآ أَن
تُفَنِّدُونِ ٩٤ قَالُواْ تَٱللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَٰلِكَ ٱلۡقَدِيمِ ٩٥

(٧٨) وتیان: ئەی عەزیز بێگومان ئەو باوکێکی پیرو گەورەی هەیە جا تۆ بفەرموە پیاوەتێك لەگەڵ ئێمەدا بکەو یەکێك لە ئێمە لە شوێنی ئەودا وەر بگرە بێگومان ئێمە تۆ بە پیاوێك لە چاکەکاران ئەزانین‌و ئەم چاکەمان لەگەڵدا بکە. یوسف وەڵامی دانەوە.

(٧٩) وتی: پەنا ئەگرم بە الله لەوەی کە ئێمە هیچ کەسێك بگرین بێجگە لەو کەسەی کە ئەو کەل‌و پەلەی خۆمانمان لەلای دەستکەوتوەتەوە، ئەگەر ئێمە بەقسەی ئێوە بکەین بێگومان ئێمە لە ستەمکارانین، واتە: تاوان‌و ستەمە، کەسێکی بێ تاوان لە باتی کەسێکی تاوانباردا سزا بدرێت، بەڵێ قسەو گفتوگۆیان هیچ بەرهەمێکی نەبو نە فەرموێ:

(٨٠) جا لە کاتێکدا بێ هیوا بوون لە یوسف ئینجا دورکەوتنەوەو دەستیان کرد بەچپەکردن لە نێوان خۆیاندا گەورەکەیان وتی: ئایا کە ئێوە نازانن کە باوکتان سوێندو پەیمانی لە ئێوە وەرگرتوە کە بنیامین ببنەوە، وە هەروەها لەپێش ئەمجارەیشەوە دەربارەی یوسف‌و نازانن کەچەند کۆتایتان کرد سەبارەت بە یوسف؟ وە هیچتان بەگوێ نەکرد ئیتر من لێرە دەرناچم مەگەر باوەکم ماوەم پێ بدات یان مەگەر خوا بڕیاری شتێکم بەسەرا بدات وەهەر ئەوە چاکترین حاکمان‌و بەفەرمانی ئەو رازیم‌و لێرە ئەمێنمەوە،

(٨١) ئێوە بگەڕێنەوە بۆ لای باوکتان ئەوسا بڵێن ئەی باوکی خۆشەویستمان بێگومان کە کوڕەکەت دزی کردووەو ئێمە شایەتی نادەین مەگەر لەسەر شتێك کە خۆمان زانیومانەو بەچاوی خۆمان دیومانە، وەئێمە شتەنهێنیەکانمان نەئەزانی واتە کاتێ ئەو بەڵێنەمان بەتۆدا ئەمان ئەزانی ئەم کوڕە دزی دەکات‌و دووچاری ئەودەردی سەرییە ئەبین، وەنەشمان زانی بو کە ئەو دزی کردوە تا ئێمە قسە نەکەین‌و لە پاشا جەریمەمان بدایەو بمانهێنایەوە.

(٨٢) برا گەورەکەیان پێی وتن: بڕۆنەوەو ئەم هەواڵە بەباوکتان راگەیەنن، جا ئەگەر گومانی لێ کردن بڵێن: با پرسیار بکات لە خەڵکی ئەو جێگایەی کە ئێمەی تێدابوەو پرسیار بکات لەو قافڵەیەی کەئێمەی لەگەڵدابووە، وە بێگومان بێت کەئێمە لە راستگۆیانین. بەڵێ قافڵە گەیشتەوە کەنعان‌و کوڕانی یەعقوب بە دڵێکی پڕ لە داخ‌و خەفەتەوە هاتنەوە لای باوکیان کە نۆ کەس بوون‌و رووداوەکەیان بەوشێوەی سەرەوە بۆ باکێان باس کرد بەڵام ئەو باوەڕی پێ نەکردن.

(٨٣) نەخێر وانیە کە ئێوە دەڵێن بەڵکو نەفستان شتێکی خراپی بۆ جوان کردوون ئەوسا هەر چۆنیش ببێت من هەر خۆ ئەگرم‌و هیچ شتێکی خراپتان پێ ناڵێم نزیکە خوا هەمو یانم بۆ بهێنێتەوە بێگومان خوا زانەری بارو دۆخی ناو دڵی منە دانایەو هەمو ئیشەکانی پڕە لە سودوو خەیرو بەرەکەت، واتە: یەعقوب لە رەحم‌و سۆزی خوا بێ هیوا نەبوەو چاوەڕوانی هەمویانە لە پاش ئەم قسانە ئیتر باسی نەکردن،

(٨٤) جا پشتی تێ کردن‌و هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: های داخ بۆ یوسف و چاوەکانی سپی ببوونەوەلە خەفەتداو کوێر ببو وئەو لە ناو دڵیا هەمیشە رقی خۆی ئەخواردەوەو هیچی ئاشکرا نەدەکرد سەبارەت بە یوسف.

(٨٥) بۆیە کوڕەکانی، وتیان: بە خوا تۆ هەر واز ناهێنی‌و بەردەوام باسی یوسف دەکەی هەتا تەواو پەکت دەکەوێ یان ئەمریت واتە: بۆچی ئەوەندە باسی دەکەیت تازە ئەو رۆی‌و شتی تازەتر قۆماوەلێمان؟!

فَلَمَّآ أَن جَآءَ ٱلْبَشِيرُ أَلْقَىٰهُ عَلَىٰ وَجْهِهِۦ فَٱرْتَدَّ بَصِيرًا ۖ قَالَ
أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّىٓ أَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٩٦﴾ قَالُوا۟
يَٰٓأَبَانَا ٱسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَآ إِنَّا كُنَّا خَٰطِـِٔينَ ﴿٩٧﴾ قَالَ سَوْفَ
أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّىٓ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٩٨﴾ فَلَمَّا
دَخَلُوا۟ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ وَقَالَ ٱدْخُلُوا۟ مِصْرَ
إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ ﴿٩٩﴾ وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى ٱلْعَرْشِ وَخَرُّوا۟
لَهُۥ سُجَّدًا ۖ وَقَالَ يَٰٓأَبَتِ هَٰذَا تَأْوِيلُ رُءْيَٰىَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا
رَبِّى حَقًّا ۖ وَقَدْ أَحْسَنَ بِىٓ إِذْ أَخْرَجَنِى مِنَ ٱلسِّجْنِ وَجَآءَ بِكُم
مِّنَ ٱلْبَدْوِ مِنۢ بَعْدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيْطَٰنُ بَيْنِى وَبَيْنَ إِخْوَتِىٓ ۚ إِنَّ
رَبِّى لَطِيفٌ لِّمَا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٠٠﴾ ۞ رَبِّ
قَدْ ءَاتَيْتَنِى مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِى مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ۚ فَاطِرَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِىِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ تَوَفَّنِى
مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠١﴾ ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ
نُوحِيهِ إِلَيْكَ ۖ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُوٓا۟ أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ
﴿١٠٢﴾ وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾

(٨٦) فەرموی: من شکایەتی خەمو پەژارەی خۆم تەنها لەلای خودا دەکەم چونکە بێگومان من شتانێ ئەزانم لە لایەن خوداوە کە ئێوە نایزانن، ئینجا دەستوری بە کوڕەکانی داو وتی:

(٨٧) ئەی کوڕانی خۆم بڕۆن بۆ میسرو لەوێشدا لەبارەی یوسفو براکەیدا پرسیار بکەنو ئەم قسانەم بەگرنگ بگرنو نائومێد مەبن لە رەحمەتی خوا بێگومان نائومێد نابێت لەرەحمەتی خودا بێجگە لە گەلی کافر، واتە تەنها کافر نائومێد دەبێت لە رەحمی خودا ئیتر هیچ کەسێك نائومێد نابێت، بەڵێ براکانی یوسف لەسەر بڕیاری باوکیان گەڕانەوەبۆ میسر.

(٨٨) جا کاتێ چونەوە بۆ لای یوسف وتیان: ئەی گەورەی میسر ئێمە خۆمانو خاو خێزانمان دووچاری برسێتیو زیانێکی زۆر بوین ولە بەر ئەو نەداریو نەبونییەمان هاتوین بۆلاتو کەلو پەلێکی کەممان هێناوە بۆ شت کڕین هیواداریین کە تۆ پێوانەیەکی باشمان بۆ بکەیتو چاکەیشمان لەگەڵدا بکەیت بە خۆراکی زیاتر بێگومان کەخودا پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە، جا کاتێ کە ئەم داوایان لێ کرد ئەویش بەزەیی بە حاڵیاندا هاتەوە،

(٨٩) وتی: ئایا ئەزانن کە چیتان کرد بە یوسفو براکەی کاتێك کە ئێوە نەزان بوون؟

(٩٠) گوتیان: ئایا تۆ یوسفی؟! وتی: بەڵێ من یوسفمو ئەویش براکەمە، بێگومان خوا منەتی نایەسەرمان کە خودا منی رزگار کردوەلەگەڵ ئەو سەختیەداو من ماومو ئێستا پێغەمبەرم بێگومان هەر کەسێ خۆی بپارێزێ لە توڕەیو سزای خوداو خۆی راگرێت لەکاتی تەنگو چەڵەمەداو نا سوپاسی خوا نەکات ئەوە چاکەکارەو بێگومان خوا پاداشتی چاکەکاران زایە ناکات، جا کاتێ ئەمەیان لە یوسف بیست،

(٩١) وتیان: بەخوا خوا تۆی رێزدارو پایەبەرزکرد بەسەر ئێمە داو بێگومان کە ئێمە تاوانبارین. ئینجا رووی تێکردنو دڵی دانەوە،

(٩٢) وتی: لەمڕۆبەدواوە هیچ سەر کۆنەیەك ناکرێنو باسی پێشویش ناکەین، خوالێتان خۆش ببێت، وەهەر ئەوە لەهەمو بەرەحمەکان بەسۆزو بەرەحم ترە، ئابەو شێوە جوانەو بەو دوعا بەنرخە بێنیهایەت دڵی براکانی خۆش کرد، ئینجا شتێکی تری زۆر گرنگی لەگەڵدا کردنو موعجیزەیەکی پێغەمبەرایەتی خۆی پێشاندان وتی:

(٩٣) بڕۆنو ئەم کراسەی من ببەنو بیدەن بەسەر دەمو چاوی باوکم دا چاوی چاك ئەبێتەوەو هەمو خاو خێزانتان بهێنن بۆلامو کەستان بەجێ نەمێنێ.

(٩٤) جا لە کاتێکدا قافڵەکە دەرچوون لە شاری میسر کە نزیکەی هەژدە فەرسەخ بەینیان بو بۆنی یوسف گەیشتە یەعقوب بۆیە باوکیان وتی: من بۆنی یوسفم بۆدێت ئەگەر نەڵێن ئەو شێتو خەرافاوە،

(٩٥) جا ئەوانەی لەلای یعقوب بوون لەو کاتەدا وتیان: بەخوا بێگومان تۆ لەسەر هەڵە کۆنەکەی خۆتیو هەر خۆشەویستی یوسفت لەسەردا ماوە. چونکە ئەوان لایان وابو کە یوسف مردوە، جا ئەوان بەخێرا لە میسرەوە مژدەدەرێکیان پێش قافڵەکە نارد بۆ لای باوکیان.

(٩٦) جا کاتێك کە موژدەدەر هات ئەڵێن: ئەو برایەی بوو کە کاتی خۆی کوراسە خوێناویەکەی یوسفی بۆ باوکی هێنا بوو تا بەمە ئەو تاوانەی پێشوی بشواتەوە، ئەوسا کراسەکەی دا بەسەر چاوی باوکیاو کتوپڕ چاوی ساغ بویەوە، جا یەعقوب

وَمَا تَسْأَلُهُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِلْعَالَمِينَ ﴿١٠٤﴾
وَكَأَيِّنْ مِنْ آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا
وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ ﴿١٠٥﴾ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللَّهِ إِلَّا
وَهُمْ مُشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ أَفَأَمِنُوا أَنْ تَأْتِيَهُمْ غَاشِيَةٌ مِنْ عَذَابِ اللَّهِ
أَوْ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٠٧﴾ قُلْ هَذِهِ
سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ
اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ
إِلَّا رِجَالًا نُوحِي إِلَيْهِمْ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي
الْأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ
وَلَدَارُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٠٩﴾ حَتَّى
إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا جَاءَهُمْ
نَصْرُنَا فَنُجِّيَ مَنْ نَشَاءُ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُنَا عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ
﴿١١٠﴾ لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ مَا كَانَ
حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ
وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١١١﴾

(عليه السلام) وتی: یوسفت بەجێ هێشت لەسەر چ ئاینێك بو؟ وتی:لەسەر ئاینی ئیسلام وتی: ئێستا نیعمەتی خودا بەتەواوی رژا بەسەرماندا، ئەی من نەم وت: بە ئێوە کە من شتانێك ئەزانم لەلایەن خواوە کە ئێوە نایزانن،

﴿٩٧﴾ جا ئەوانیش پەشیمانی خۆیان لە ئیشە خراپەکەی خۆیان دەربڕیو وتیان: ئەی باوکی خۆشەویستمان بێگومان لە پاش ئەوەی کە داوای لێ خۆشبونت لێ دەکەین تۆیش داوای لێ خۆش بونمان بۆ بکە لە خودا بەڵکو لێمان خۆش ببێت بێگومان کەئێمە گوناهبارو تاونبارین.

﴿٩٨﴾ جا یەعقوب روی تێ کردنو وتی: لەمەولا من داوای لێ خۆشبونتان بۆ دەکەم لەلای پەروەردگارم، واتە لەکاتی دوعا قبوڵ بوون دا داواتان بۆ دەکەم. ئەڵێن مەبەستی کاتی سەحەر بووە کەمێ پێش نوێژی بەیانی کە ئەو کاتە یەکێکە لەو کاتانەی کەدوعای تێدا قبوڵ ئەبێ بێگومان کەخوا خوایەکی لێ خۆش بووەو بەسۆزە بۆ بەندەکانی. ئینجا یەعقوبو ئەوکەسانەی کە پەیوەندی بەوەبو لەسەر قسەی یوسفو ئاشکرابوونی ئەو رۆڵە خۆشەویستەی بنەو بارگەیان پێچایەوەو بەرەو میسر کەوتنە رێو گەیشتنە شارو بەرەو کۆشکی یوسف رۆیشتن.

﴿٩٩﴾ جا کاتێ کە بەباوكو دایکی چونە لای یوسف لەدەروازەی شاردا پێشوازییەکی شایانی لێکردنو وتی: بچنە میسرەوە ئەگەر خوا ئارەزۆی لێ بێ بەشێوەیەکی ئەمنو ئاسایش دەژین. ئینجا کاتێ کەگەیشتنە کۆشکەکەو چونە ژوردوە ،

﴿١٠٠﴾ دایكو باوکی خۆی بردە سەر کورسی پاشایی خۆیو داینانو ئەوانیش هەمویان سەری رێزو گەورەییان بۆ نەوی کرد جا لەو کاتەدا یوسف روی لەباوکی کردو وتی: ئەی باوکی خۆشەویستم ئەمە مانای خەوەکەم بوو کەکاتی خۆی دیبوم کە خۆرو مانگو یانزە ئەستێرە سوجدەیان بۆ بردم کە پەروەردگارم ئەو خەوەی کرد بەخەوێکی حەقو راستو بێگومان خوا چاکەی لەگەڵما کرد کاتێ کەمنی لە زیندان دەر هێنا مەبەستی بیرەکەشە بەڵام ناوی نەبرد لەبەر دڵی براکانی وەنێوەی هێنا بۆلامو بوون بەشاری پاش ئەوەی کە لادێی بوون لەدوای ئەوەی کە شەیتان ئەو ناکۆکیەی خستبوە نێوان منو براکانم بێگومان پەروەردگارم وردبینە بۆ هەمو شتێك کە ئارەزۆی لێ بێو هەرکاتێ ئارەزۆی شتێك بکات هۆکانی بۆ ئامادە دەکات بێگومان کەئەو زانەرە بە هەمو ئیشەکانو ئیشەکانیشی لەسەر بناغەی داناییەو هیچ ئیشێکی بێ سود نیە، ئینجا ئەم دوعایە دەکاتو ئەڵێت:

﴿١٠١﴾ ئەی پەروەدگارم بێگومان کەتۆ پاشایەتیو مالیکیەتی میسرت بەمن بەخشیو منت فێر کرد لە چۆنیەتی خەو پەرژێنەکان ئەی دروست کەری ئاسمانانو زەوی تۆ دۆستو سەرپەرستو یارمەتی دەری منی لە دنیاو لە پاشەرۆژدا کاتی هاتنی مەرگم بمرێنە بە موسڵمانیو بم گەیەنە بە پیاو چاکان کە مەبەستی ئیبراهیمو ئیسحاقو یەعقوبە. بەم شێوەیە داستانی یوسف (عليه السلام) کۆتایی پێ هاتو خوای زاناو دانا ئەفەرموێ:

﴿١٠٢﴾ ئەوە بەشێکە لە هەواڵە نهێنیەکان کە ئێمە بە تۆمان گەیاندو تۆ ئەی محمد لای ئەوان نەبویت کاتێك کە ئەوان یەك قسە بوون لە سەر ئەوپیلانو فێڵەیان بە یوسفو بە باوکیان، واتە: تۆ لەو بارەوە هیچت نە دەزانی.

﴿١٠٣﴾ زۆربەی خەڵك باوەڕ ناهێنن ئەگەر چی تۆ زۆر سوربی لەسەر باوەڕهێنانیان. ئەڵێن خەڵکی مەکە پێشەکی بە پێغەمبەریان وتبو ئەگەر تۆ باسی یوسفمان بۆ بکەیت باوەڕ ئەهێنین بەڵام کاتێ خوای گەورەو دانا ئەم سورتەی ناردە لای

پێغەمبەرﷺوبەو شێوە درێژە باسی بەسەر هاتی یوسفی کرد ئەوان باوەڕیان نەهێنا، بۆیە خوا ئەم ئایەتەی نارد کە دڵنەوایی پێغەمبەرمانی پێکرد کە ناڕەحەت نەبێ لەوەی کە ئەوان باوەڕناهێنن‌و فەرموی:

(١٠٤) ئەی محمدﷺتۆ لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامە بەوان سودی خۆتت نەویستوەو داوای پاداشتیان لێ ناکەیت‌و ئەم پەیامە بێجگە لە ئامۆژگاری بۆ هەمو عالەم شتێکی تر نیە. ئینجا خوای زانا زیاتر دڵی پێغەمبەرمان ﷺ ئەداتەوە ئەفەرموێ:

(١٠٥) خۆ ئەوان گەلێك بەڵگەی ئاشکراو رون لەسەر دەسەڵات‌و هێزی خوا لە ئاسمانان‌و زەویدا دەبینن‌و لەکاتی هاتوچۆو کارواندا دەدەن بەلایاندا کەچی ئەوان پشتی تێ دەکەن‌و سودی لێ وەرناگرن.

(١٠٦) ئەوسا زۆربەیان باوەڕ ناهێنن بە ﷲ بەڕێك‌و پێکی بەڵکو هەمیشە لەگەڵ بونی باوەڕ بە ﷲ دا ئەوان هاوەڵ دانەرن بۆی‌و کەسانی تر دەپەرستن، واتە مەرج نیە هەرکەسێ باوەڕی هەبێ بەخوا موسڵمان بێ بەڵکو زۆربەی باوەڕداران بە خودا موشریکن ـ خوا پەنامان بدات ـ خوێنەر ئێرە جێگای وردبونەوەیە چاك وردبەرەوە.ئینجا دەفەرموێ:

(١٠٧) ئایا ئەوان ئەمینن‌و ناترسن لەوەی کە سزایەکی گشتیان لەلایەن خواوە بۆبێت یان کتوپڕ کاتی لە ناوچونیان بێت لە کاتێکا کە خۆیان هەستی هیچ شتێك نەکەن؟ واتە: سەرگەرمبون بەدنیاو نەترسان لە سزای خواو پشتگوێ خستنی پاشە رۆژ، ناڕەواترین بۆچون‌وخراپترین ئیش‌و کار ی مرۆڤە، پێویستە هەرچی زووتر بگەڕێنەوەو واز لەو ئیش‌و کارو بۆ چونە هەڵانە بهێنن‌و ئەو رێبازە راست‌و دروستە بگرن کە الله بۆی ناردون‌و ئەفەرموێ:

(١٠٨) ئەی محمد ﷺبڵێ: ئائەمە رێگاو رێبازی منەو لەلایەن پەروەدگارەوە بۆم هاتوەو مایەی خۆشبەختی هەر کەسێکە کە بیکات بە بەرنامەی ژیانی خۆی لەبەر ئەوە من هەمیشە خەڵکی بانگ دەکەم بۆ لای الله، من‌و پەیڕەوانم بەرچاوڕونین‌و ئەزانم چی دەکەم‌و چی ئەڵێم‌و سەرئەنجامی پەیڕەوان‌و دژانم چی ئەبێ‌و ﷲ لە هەمو عەیب‌و عارو کەم‌و کوڕییەك دورەو من لە ریزی موشریکاندا نیم بەڵکو یەك خودا دەناسم کەتەنهایەو هاوەڵ‌و شەریکی نییەو ژیان‌و مردنم هەر بۆ ئەوەو بەندەی راستەقینەی ئەوم. ئینجا خوای زاناو دانا دەمکوتی ئەو کەسانە دەکات کە ئەیان وت: ئەگەر خوا پێغەمبەری بۆ ئێمە رەوانە بکردایە فریشتەی دەنارد نەك بەشەرێکی هەتیووکەم دەستیی وەك تۆو دەفەرموێ:

(١٠٩) بێگومان هیچ پێغەمبەرێکمان رەوانە نەکردوە لە پێش تۆدا مەگەر لە پیاوان بوبێ کە وەحیمان کردبێتە لایان‌و لە خەڵکی شارەکان بووبن‌وخەڵکی باوك‌وباپیرانیانی ناسیوە وهیچ پەیوەندییەکیان نەبوە بە فریشتەوە ئایا ئەوان ناگەڕێن بەسەر زەویداوئەوسا تەماشا بکەن‌و بزانن ئایا عاقیبەتی ئەو کەسانەی لە پێش ئەواندا بوون چی بو و چییان بەسەردا هاتوە تا بەڵکو پەندو ئامۆژگاریان لێ وەربگرن‌و چی تر بە دوای کڵاوی بابردودا نەڕۆن؟ وە بۆ چاکانیش خوا ئەفەرموێ: بێگومان خانوو ماڵی رۆژی دوای کە قیامەتە هەرئەوە باشە بۆ ئەو کەسانەی کەلە خوا بترسن ئایا عەقڵتان نیەو وورد نابنەوە؟ واتە: شێت مەبن‌و ژیرانە بیر بکەنەوە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە پێغەمبەران هەمویان پیاو بوون‌و لە ژنان پێغەمبەر نەهاتووە. وە ئەو پێغەمبەرانەو پەیڕەوانیان چونکە دنیا بۆ تاقی کرنەوەیە دوچاری تەنگو چەڵەمەی زۆربوون بەشێوەیەك

(١١٠) تەنانەت پێغەمبەرەکان نائومێد بوون لە باوەڕ هێنانی گەلەکەیان‌و ئەو گەلانەش لە دوا کەوتنی سزای خوداو ماوەدانیان بۆ ژیان وایان گومان دەکرد کە پێغەمبەرەکانیان درۆیان لەگەڵدا کردوون لەبەرئەوە هیچ گوێیان بە خوداو پێغەمبەرەکانیانان نەدەداو سەرگەرمی تاوان بوون ئا لەو کاتەدا یارمەتی ئێمە بۆ پێغەمبەران‌و پەیڕەوانیان هاتوە ئەوسا ئەو کەسەی کە ئارەزۆمان لێ بێت رزگاری دەکەین‌و بەر پەرج ورێگرێکیش نیە بۆلادانی سزای ئێمە لەتاوانباران، واتە،هەرکاتێ کە بمانەوێ تاوانباران سزا دەدەین ئینجا با دڵنیابن کەلەدەست تۆڵەی ئێمە دەرناچن"مۆڵەت دەدەین بەڵام پشتگوێ ناخەین".

(١١١) بێگومان لە باس کردنی داستانی ئەم پێغەمبەرو کەڵەپیاوانەدا ئامۆژگاریەکی زۆر گرنگ هەیە بۆ ئەوکەسانەی کە خاوەنی عەقڵن، واتە بێ عەقڵەکان هیچ سودێکی لێ وەرناگرن‌ئەوەتا لە رۆژی قیامەتیشدا دان ئەنێن بە بێ عەقڵی خۆیاندا، ئینجا خوا لە وەسفی ئەم قورئانەدا ئەفەرموێ: ئەم قورئانە قسەیەکی دروستکراو نیە بەڵکو وەڵامێکی راست‌و دروستی ئەو رێبازەی پێش خۆیەتی کە هەواڵی هاتنی ئەم

بەڕاوەیان لە کاتی خۆیدا بەگەلانی خۆیان ڕاگەیاندبو هەروەها ڕۆشن کەرەوەو درێژەدانە بەهەرشتێك کەوا پێویست بێت بۆ ئەم گەلەی ئەمڕۆ لە حەرام‌و حەلاڵ‌و بەرنامەو یاسای ژیانی ئەم گەلەیە تاهاتنی قیامەت‌و هیچ کەم‌و کورپییەکی تێدا نیە لەبەر ئەوە نابێ پەیڕەوی بکرێت لە هیچ یاساو بەرنامەیەکی تر جگە لەم قورئانەکە هادی‌و ڕێ پیشاندەرەو ڕەحمەت‌و سۆزی خودایە بۆ ئەو گەلەی کە باوەڕی پێ دەهێنێ. بەڵێ هەرچەند یوسف لە سەردەمی خۆیدا بوختانی بۆ کراولەپاشدا پاکی لەمانگی چواردە ڕۆشنتر بوویەوە بەڵام لەم سەردەمەی ئێمەدا دیسان کەسانێك بەناوی ڕۆشنبیری‌و واقیع ناسییەوە بوختانی لەوە گەورەتر دەدەنە لای ئەو پێغەمبەرە بەڕێزەو بەکارمەندو فەرمانبەرداری پاشایەکی موشریك‌و هابەشی کردن لە ڕژێمێکی کوفردا دای دەنێن، ئەمانە بەهەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن‌و کێبەرکێ دەکەن بۆ مەبەستێکی خزبی‌و دنیایی خۆیان بە شوێنانێك بگەن کە ئەرکی سەرەکیان دانانی یاساو شەریعەتە بۆ مرۆڤ لەحاڵێکدا تەنها ئەوزاتەی کە دورستکەرە هەر ئەو بۆی هەیە کەبڕیار دەرکات‌ویاسا بۆ مرۆڤ دانێت﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ﴾ الأعراف: ٥٤

وە هەر یاسایەکیش جگە لە یاسای الله کوفرو جەهالەت‌و نەفامیە بەڵام ئەمانە هەرجار بەلگەیەك دەتاشن بۆ ئەوەی بیسەلێنن کە ئیشەکەیان ڕەوایەو شەرعیە جارێك دەڵێن: ئەوتە ئیسلام فرمان بە "شورا" دەکات، وە ئەمەش واتە دیموکراتیەت لەحاڵێکدا کە دیموکراتیەت دینێکە کە مرۆڤ دەکات بەخواو ماڤ دانانی یاساو تەشریع بەو دەدات؟ جارێکی تر دەڵێن: ئەوەی کە ئێمە دەیکەن لە سوێند خواردن لە سەرخۆ بەستنەوە بەو یاساو دەستورە دەستکردەی مرۆڤ‌و هەروەها بەربەرەکانی لە سەرگەیشتن بەو کۆڕانەی کە ئەرکی سەرەکی دانانی یاسایە بۆمرۆڤ هەر ئەو ڕەفتارو هەڵوێستەی یوسف پێغەمبەرە. ئێمەش دەڵێن: {سُبْحَانَكَ هَٰذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ} بەراستی ئەمە چۆن بڕیارێکە کە هەڵبژاردنی ئەرکی سەرپەرشتی کردنی خەزێنەکانی وڵات‌و خستنە ژێردەسەڵاتی پیاوێکی دەست پاك‌و لێزان ﴿حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾ لەپاش داواکاری سەرۆکی وڵات وەك کێبەرکێ کردنە بۆهاوبەشی کردن لە ناو کۆڕێك کە ئەرکی سەرەکی دانانی یاساو حەلاڵ‌و حرام کردنە بۆ مرۆڤ؟! یان چۆن دەکرێت پیاوێك کە لە لایەن دەسەڵات‌و مەلیکەوە هەمو جۆرە ئازادیەکی بۆ ڕەخسا بێت‌و پێی بوترێت: ﴿إِنَّكَ ٱلۡيَوۡمَ لَدَيۡنَا مَكِينٌ أَمِينٞ ٥٤﴾ وە پەروەردگاریش لە وەسفی ئەو دەسەڵات‌و تەمکینەدا بفەرموێت:﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَتَبَوَّأُ مِنۡهَا حَيۡثُ يَشَآءُۚ﴾ یوسف: ٥٦

وەك ئەو کەسە وایە کە پێش هەموو شت دەبێت سوێند بخوات کە لەو یاساو دەستورەی کە دەستکردی مرۆڤە دەرنەچێت‌و بڕیارێکیش نەدات کە دژ بەو یاسابێت؟! بەراستی وێنەی ئەم دوانەوەك ئەو وێنەیە کە الله دەفەرموێ: ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا عَبۡدٗا مَّمۡلُوكٗا لَّا يَقۡدِرُ عَلَىٰ شَيۡءٖ وَمَن رَّزَقۡنَٰهُ مِنَّا رِزۡقًا حَسَنٗا فَهُوَ يُنفِقُ مِنۡهُ سِرّٗا وَجَهۡرًاۖ هَلۡ يَسۡتَوُۥنَ﴾ / النحل: ٧٥ / واتە خوا وێنەیەك باس دەکات بەم چەشنە کە مرۆڤێك موڵکی کابرایەك بێ‌و توانای هیچ شتێکی نەبێت کە بیکات نە بۆ خۆی‌و نە بۆ خەڵك ئا ئەمە لەگەڵ کەسێکدا کە ئێمە رزقیکی چاکمان پێ دابێت‌و ئەویش بە کەیفی خۆی بە پەنامەکی‌و بە ئاشکرا بی بەخشێت ئایا ئەم دووانە وەك یەکن؟﴾

وە هەروەها دەبینین یوسفی پێغەمبەر کاتێك کە دووکەس لە هاوبەندەکانی دێنەلای بۆ ئەوەی خەونەکانیان بۆ تەعبیر بکاتەوە لەو مەجالە کەڵك وەردەگرێت‌و بانگیان دەکات بۆ یەکتا پەرەستی‌و تەوحیدو پێیان دەڵێت: (ئەی دوو هاوڕێکانی بەندینخانەم ئایا خودایانی جیا لەیەك چاکن یان یەك خودای بە توانا؟ ئەوانەی کە ئێوە دەیانپەرستن بێجگە لە چەند ناوێك کە خۆتان‌و باو باپیرانتان بۆتان داناون شتێکی ترنین کە ﷲ یش هیچ بەلگەیەکی لەسەر پەرستنی ئەوانە نەناردوە، فرمان‌وبڕیاردان تەنها بۆ الله یە، دەستوری داوە کە نابێت کەس ببەرستن بێجگە لەو ئائەوەیە ئاینێکی ڕاست‌و بەنرخ بەڵام زۆربەی خەڵك ئەم حەقیقەتەنازانن}

جا ﴿فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ﴾ لەو کاتەی کە ئازاد کراوەو ڕێزی لێگراوەو ڕوبەڕوی پاشاو عەزیزی میسر بوەتەوەو قسەی لەگەڵدا دەکات دەبێت ئەو پێغەمبەرە باسی چی کرد بێت لەگەڵ پاشای میسردا؟ ئایا باس لەو بوختانەی دەکات کە بۆیان هەڵبەست لەحاڵێکدا پێشتر هەموشت لەوبارەوە ئاشکرا بویەوەو یوسف لە بەندیخانە نەهات دەرەوە تاکو ڕاستی‌و حەقیقەت بۆ هەموان دەرکەوت؟ یان ئایا باس لەگرفتەکانی ئابوری‌و بوجەی حیزبەکەی دەکات؟! یان ئەوەی کە هەرچۆن کاتێك کە بێ دەسەڵات‌و دیل بو بانگەوازی بۆ یەکتاپەرستی‌و حاکمیەتی (ﷲ)ی دەکرد ئیستادەگونجێت وازی لەو هێنا بێت‌و ئەرکی

پێغەمبەرایەتی خۆی پشتگوێ خست بێت؟! یان ئایا دەگونجێت پاشایەکی کافرو ملهوڕ بە پێغەمبەرێك کە دژ بە کوفرو خراپەی ئەو بێت بڵێ: ﴿إِنَّكَ ٱلۡيَوۡمَ لَدَيۡنَا مَكِينٌ أَمِينٞ ﴿٥٤﴾﴾ وە ئەو ئەرکەی کە خۆی هەڵی بژێرێت پێ‌ی بداتو سەرپشکیشی بکات لە هەر شتێك کە دەیەوێت ئەنجامی بداتو تەعبیری خەونەکەی‌و ئەو گرفتو بەسەرهاتانەی کە لە ماوەی چواردەساڵدا بەسەر حکومەتەکەی تێت بەراستی بزانیت بەڵام باوەڕی بە پێغەمبەرایەتی نەونەبێت؟!

"الطبري" وە هەروەها "البغوي" لە مجاهیدەوە دەگێڕنەوە کە: (أسلَمَ الْمَلِكُ الذي كانَ مَعَهُ يُوسُف) وە "القرطبي"ـش دەڵێت: (ولَمَا فَوَّض الْمَلِكُ أمرَ مِصرَ إلى يُوسُفَ تَلَطَفَ بِالنَّاسِ، وَجَعَلَ يَدعُوهُم إلى الإسلامِ حَتَّى آمَنوا بِهِ، وَأقامَ فيهِمُ الْعَدلَ، فأحبه الرجالُ والنّساءُ / واتە کاتێك کە پاشای میسر کاروباری میسری خستە ئاستۆی یوسف، یوسفیش لەگەڵ خەڵك دا بە میهرەبانی وبە چاکە هەڵسوکەوتی دەکردو بانگەوازی دەکردن بۆ ئیسلام تا باوەڕیان پێ هێنا، وە بە داد پەروەری هەڵسوکەوتی دەکرد بۆیە پیاو ژن خۆشیان دەویست) جا ئەگەر وابێت قیاسەکەیان هەر لە • بناغەدا روخاوە. لەلایەکی دیکە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت: {لَيَأتِيَنَّ عَلَيكُم أمَرَاءُ يُقَرِّبُونَ شِرارَ النَّاسِ وَيُؤَخِرُونَ الصَّلاةَ عَن مَوَاقِيتِهَا فَمَن أدرَكَ ذَلِكَ مِنكُم فَلا يَكُونَنَّ عَرِيفاً وَلا شُرطِيًاً وَلا جَابِياً وَلا خَازِنًا/صحيح ابن حبان، صححه الالباني/ سەکردەیانێك دێن بەسەرتان کە خەڵکی خراپ لە خۆ نزیك دەکەنەوەو نوێژەکانیان لە کاتی خۆیان دا دوادەخن جا هەرکەستان گەیشت بەو سەردەمە با نە ببێ بە نوێنەرو نە بە پۆلیس‌و نە بە کۆکەرەوەی ئابونەو نە بە خێزنەدار }

تاوانی ئەم دەسەڵاتداراو ئەمیرانە تەنها ئەوەیە کە پیاوە خراپەکان لە خۆیان نزیك دەکەنەوەو کاروباری حکومەت بەوان دەسپێرن‌و نوێژەکانیان لەکاتی خۆیدا دوا دەخەن جا هەرچەند ئەوانە کافر نیین بەڵام پێغەمبەرمانﷺ قەدەغەی کردوە کە باوەڕدار لەو دەسەڵاتە دا بەرپرسییەك وەرگرێت کە ببێت بە هۆی یارمەتی دەری ئەو دەسەڵاتە. جا با ئەوانەی کە ئەو ئیشە کوفرەی خۆیان دەدەنە لای یوسفی پێغەمبەرەو لە ﷲ بترسن‌و شەرم بکەن کە ئاوا بوختانێك بدەنە لای ئەو پێغەمبەرەو تەوبە بکەن‌و لە تاوانەو بگەڕێنەوە. خودایە لە ریزی هەڵگرانی راستەقینەی ئەم پەیامە بەنرخو بەرێزەی خۆتدا حیسابمان بکەیتو کردارە چاکەکانمان لێوەرگریتو

شُورَةُ الرَّعۡدِ ١٣ — ٤٣

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓرۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِۗ وَٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ ٱلۡحَقُّ
وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿١﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِي رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ
عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ
يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ يُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ
رَبِّكُمۡ تُوقِنُونَ ﴿٢﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي مَدَّ ٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ
وَأَنۡهَٰرٗاۖ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ جَعَلَ فِيهَا زَوۡجَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ
ٱلنَّهَارَۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٣﴾ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ
قِطَعٞ مُّتَجَٰوِرَٰتٞ وَجَنَّٰتٞ مِّنۡ أَعۡنَٰبٖ وَزَرۡعٞ وَنَخِيلٞ صِنۡوَانٞ
وَغَيۡرُ صِنۡوَانٖ يُسۡقَىٰ بِمَآءٖ وَٰحِدٖ وَنُفَضِّلُ بَعۡضَهَا عَلَىٰ بَعۡضٖ
فِي ٱلۡأُكُلِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴿٤﴾
۞ وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ
جَدِيدٍۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلۡأَغۡلَٰلُ
فِيٓ أَعۡنَاقِهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٥﴾

بەزەییت بێتەوە بە حاڵمانداو چاوپۆشی لە خراپەکانمان بکەیت، ئامین یارب العالمین.

سورەتی رەعد ١٣ — ٤٣

سورەتی رەعد کە سورەتی سیانزەهەمی قورئانە، چل‌وسێ ئایەتە سورەتێکی مەکیە لەسەر قسەی حەسەن وعیکرەمەو عەتاو جابیر، وە مەدینەییە لەسەر قسەی موقاتل، بەڵام شێوازی سورەتەکە بەگشتی لە سورەتە مەکییەکان دەچێت. وشەی ﴿ٱلرَّعۡدُ ﴿١٣﴾﴾ لەم سورەتەو وشەی ﴿وَرَعۡدٞ ﴿١٩﴾﴾ لە سورەتی بەقەرەدا هاتوە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

﴿١﴾ ئەلیف،لام،میم،را. ئەوەی کە ئەی خوێنینەوە بۆ تۆ چەند نیشانەیەکن لەو قورئانەی کە ناردومانە بۆ تۆ، وە ئەوەی کە رەوانە کراوە بۆ تۆ ئەی محمد ﷺ لەلایەن پەروەردگارتەوەیەو راستەو دروستەو هیچ گومانت تێیدا نەبێت بەڵام زۆربەی خەڵك باوەڕناهێنن. ئینجا خوای زاناو دانا هەندێ لەنیشانەکانی دەسڵات وهێزی خۆی باس

وَيَسۡتَعۡجِلُونَكَ بِٱلسَّيِّئَةِ قَبۡلَ ٱلۡحَسَنَةِ وَقَدۡ خَلَتۡ مِن
قَبۡلِهِمُ ٱلۡمَثُلَٰتُۗ وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغۡفِرَةٖ لِّلنَّاسِ عَلَىٰ ظُلۡمِهِمۡۖ
وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٦﴾ وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡلَآ
أُنزِلَ عَلَيۡهِ ءَايَةٞ مِّن رَّبِّهِۦٓۗ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرٞۖ وَلِكُلِّ قَوۡمٍ هَادٍ
﴿٧﴾ ٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تَحۡمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ ٱلۡأَرۡحَامُ
وَمَا تَزۡدَادُۖ وَكُلُّ شَيۡءٍ عِندَهُۥ بِمِقۡدَارٍ ﴿٨﴾ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ
وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلۡكَبِيرُ ٱلۡمُتَعَالِ ﴿٩﴾ سَوَآءٞ مِّنكُم مَّنۡ أَسَرَّ
ٱلۡقَوۡلَ وَمَن جَهَرَ بِهِۦ وَمَنۡ هُوَ مُسۡتَخۡفِۭ بِٱلَّيۡلِ وَسَارِبُۢ
بِٱلنَّهَارِ ﴿١٠﴾ لَهُۥ مُعَقِّبَٰتٞ مِّنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦ يَحۡفَظُونَهُۥ
مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡۗ
وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ سُوٓءٗا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن
وَالٍ ﴿١١﴾ هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمُ ٱلۡبَرۡقَ خَوۡفٗا وَطَمَعٗا
وَيُنشِئُ ٱلسَّحَابَ ٱلثِّقَالَ ﴿١٢﴾ وَيُسَبِّحُ ٱلرَّعۡدُ بِحَمۡدِهِۦ
وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ مِنۡ خِيفَتِهِۦ وَيُرۡسِلُ ٱلصَّوَٰعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا
مَن يَشَآءُ وَهُمۡ يُجَٰدِلُونَ فِي ٱللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ ٱلۡمِحَالِ ﴿١٣﴾

ئەکات بۆئەوەی مرۆڤ بیریان لێ بکاتەوەو سودیان لێ وەرگرێو ئەفەرموێ:

(٢) اللّٰهُ ئەو زاتەیە کە ئاسمانی بەرزکردوەتەوە بێ کۆڵەکەیەك کە ئێوە بیبینن، جا یان هەر کۆڵەکەی نیە یان هەیەتیو ئەوحەجمە گەورەو گرانەی هەڵگرتوە بەڵام چاوی ئێمە نایبینێت یەك لەیەك گرنگترە لەپاشان خوا قەراری گرت لەسەر عەرش بەو قەرارگرتنەی کە هەرخۆی دەزانێت چۆنەو رۆژو مانگی گەردن کەچو رام کردوە بۆ خزمەتی مرۆڤ کە هەمویان دێنو دەڕۆن بۆخاتری کاتێکی دیاری کراو کە بەو هاتو چۆیانە تەمەنی دنیا دوا ئەهێننو جیهانێکی زۆر گەورەو فراوانتر دێتەکایەوەو مرۆڤ لەو جیهانەدا بەرهەمی ئیشەکانی خۆی وەرئەگرێت چاك بەچاكو خراپ بەخراپ، وە خوای داناو زانا هەمو کاروبارەکانی ئەم بونەوەرە بەرێكو پێکی ئەبات بەڕێوەو درێژەئەدات بەرونکردنەوەی نیشانەکانی تا بەڵکو ئێوە بەگەیشتن بەخوای خۆتان یەقین پەیدا بکەنو بزانن کە ئەو زاتەی ئەوهەمو شتە گرنگانەی لەنەبون دروستکردوە ئەتوانێت جارێکی تر مرۆڤ زیندو بکاتەوەو گێرەو کێشەی کردەوەکانی لەگەڵ دا بکات، ئینجا زیاتر درێژە بەباسکردنی نیشانەکانی ئەداو ئەفەرموێ:

(٣) جا الله ئەو زاتەیە کە زەوی وەك سفرەیەك راخستوەو لەناویدا چیا گەلێکی بەهێزو گەورەو بتەوو چەندین جۆگاو روبارو دەریای داناوەکە لەم گردەخاکەدا سەرچاوەی ژیانن، وە بۆ لەزەتو خۆشیو کامەرانی مرۆڤ لەم زەوییەدا لە هەموو بەرو بومێك دوو جۆری داناوە کە هەمو شتێك نێرو مێیو چاك وخراپی هەیەو زۆریان بەشێوە لەیەك ئەچن بەڵام تامو چێژیان لەیەك جیایە وهەر لەوجوتانەیە شەوو رۆژ کە خوای زاناو دانا شەو بەرۆژو رۆژ بەشەو دائەپۆشێتو بەپەلە بەشوێن یەکدا دێنو بەگوێرەی پێویستی مرۆڤ کەمو زیادیان پێ ئەکات، ئایا بێجگە لە خوای زاناو دانا کەسێکی تر هەیەکەبتوانێ ئەم کارانە ئەنجام بدات؟ دەی ئەگەر ژیرانە بیربکەنەوە ئەزانن کەبەبێگومان ئالەو شتانەی کەباسکران چەندین بەڵگەی گرنگ هەیە بۆ ئەو گەلەی کە بیر بکاتەوە. دیسان خوای گەورە سرنجی مرۆڤ رائەکێشێ بۆ لای چەندین بەڵگەی گرنگی تر لەسەر زانایيو دانایيو دەسەڵاتی خۆیو ئەفەرموێ:

(٤) خۆ هەرلەناو ئەم زەوییەدا چەندین پارچە زەوی نزیك لەیەكو هاوسێی یەکن ، وەچەندین باخچە لەترێ ودانەوێڵەی چێنراو ودرەختی خورما کەهەندێکیان لەسەر یەك ریشەزیاتر لە پەلێکی لێ پەیدا بوەو وهەندێکی تریان تەنها یەك پەلە ئەمانە هەمویان بەیەك ئاو ئاوئەدرێنو هاوسێی یەکن، ئەی کێ واجیای کردونەتەوە؟ بەڵێ لەیەك زەوی وبەیەك ئاو هەزارەها دانەوێڵەو میوەی جۆراوجۆر هەریەك بۆنێو هەریەك تامێکی تایبەتی خۆی هەیەوهەندێکی لەهەندێکی تریان بەنرخ ترو چاکترو بەتام ترمان کردوە لەخواردندا، دەی ئایا ئەمانە بێجگە لە ئێمە کەسێکی تر ئەتوانێت ئەو جۆراو جۆرو گۆڕانکارییەبکات؟ کەواتە ئەگەر بەچاکی ورد ببنەوە ئەزانن کە بەبێگومان ئالەمەدا چەندین بەڵگەی گرنگ هەیە بۆ ئەو گەلانەی کەوا ژیری بەکاربێنن. ئینجا اللّٰهُ دڵی پێغەمبەرمان ﷺ ئەداتەوەو ئەفەرموێ:

(٥) ئەی محمد ﷺ ئەگەر تۆ پێت عەجایبە کەئەوان باوەڕبەم قورئانە ناکەن عەجایبتر لەوە ئەوەیە کەئەڵێن: ئایا ئێمە مردینو بوین بەگڵ وخاك تازە ئەکرێینەوە بە مرۆڤ ئیتر بیر ناکەنەوەو بزانن کە ئەو کەسەی کە ئەوانی لە سەرەتاوە دروستکردوە کە هیچ نەبون بۆ ناتوانێت لەو خاکە جارێکی تر دروستیان بکاتەوە وەکو خۆیان؟ ئینجا ئەفەرموێت: ئائەوانە کەسانێکن کەبێ باوەڕن بەخوای خۆیان، وەئەوانە لەرۆژی

قیامەتدا ئەو زەنجیرەی کە دەستیانی پێ بەسراوەتەوە لەملیاندایەو بەرەو ئاگری جهنم بەڕێ ئەکرێن، وە ئەوانە رەفیقی دەستە ملی ئاگری جهنمن وئەوان بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە. ئینجا خوا زیاتر سەرزەنشتی بێ باوەڕان ئەکاتو ئەفەرموێ:

(٦) جا ئەوان بە پەلەن بۆ خراپە کردنو هاتنی سزای ﷲ پێش ئەوەی کە چاکە بکەنو بگەڕێنەوە بۆلای خواو بەدەست هێنانی بەهەشت بەڵێ زۆر جار بێ باوەڕانی کۆنو تازە چونکە باوەڕیان بە ﷲ و بەهێزو دەسەڵاتی ئەو زاتە نیەو هەمیشە بەگاڵتەوە ئەڵێن: ئەگەر راستە با سزای خوا بێت، ئەوە نەبێ کە ئەمانە ئەوندە بەغیرت بنو لەسزا نەترسن بەڵکو بێ باوەڕنو باوەڕیان نیە کە خودا ئەتوانێ شتی وایان بەسەردا بهێنێ لەحاڵێکدا پێش ئەوان وێنەی ئەوان زۆربوەو جۆرەها سزایان هاتوەتە سەرو شوێنەواری زۆریان لەبەرچاویانە، بەڵام بێگومان کەخوای تۆ زۆر لێ خۆشبو داپۆشەری تاوانەکانی خەڵکە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان ستەمکارن، بەڕاستی ئەمە گەورەترین دڵ خۆشیکردنی مرۆڤە لەلایەن خوای خاوەن هێزو دەسەڵاتەوە لەگەڵ بونی ستەمیان هێشتا ئەفەرموێ :زۆر چاوپۆشیکارم لێیان، دەی ئیتر ئەوکەسانەی کە سوپاسی ئەو خوا بێ نیازو میهرەبانە نەکەنو هەر خەریکی تاوان بن بابزانن کە خوا بێ ئاگانیە لێیان، وە بێگومان کە خوای تۆ زۆر زۆر بەهێزە لەبارەیەی تۆڵەوەوسزاکانیشی زۆرتوندو سەختە. بەداخەوە بێ باوەڕان لەو هەمو میهرەبانیو ماوەدانەی خوا سود وەرناگرن.

(٧) جا کافرەکان دەڵێن: دەی نیشانەیەك وەك نیشانەکانی پێغەمبەرانی پێشوو بهاتایە بۆ ئەو وەك عەسای موساو وشتری ساڵح ئیتر بیر لەوە ناکەنەوە کەئەم محمدﷺ یەك پیتی نەخوێندوە ئەی ئەم قورئانە راست ورەوانە چۆن ئەزانێ؟ ئینجا خوا ئەفەرموێ: بێگومان تۆ تەنها ترسێنەرێکیو گوێ بەقسەی ئەوان مەدەو بۆ هەمو گەلێکیش رێ پشاندەربوەو تۆیش رێ پیشاندەری ئەم گەلەی خۆتیتو بێجگەلەوە شتێکی ترت پێ نەسپێرراوە. خوا درێژە بە نیشانەکانی زانایی وتوانایی خۆی دەدات دەفەرموێ:

(٨) خوا ئەو زاتەیە کە ئەزانێت هەموو مێ یەکان چی هەڵدەگرنو بەچی باردار ئەبنو چۆن دروست ئەبێتو ئەزانێت کە ئەو منداڵ دانەی ئافرەت چەند لەو تۆیانە کەم ئەکاتەوەو لەناویان ئەباتو بەهۆی ئەو منداڵەوە خۆی یان منداڵەکەی یان هەردووکیان چەند زیاد دەکات، وە ئەو ئافرەتە بەخۆی نازانێ پاش ئەوەی کەیەك زەرەیەو لەپشتی باوەکەوە ئەکەوێتە منداڵ دانی دایکەوە بۆ ماوەی نۆ مانگ کێشەکەی ئەگاتە سێ کیلۆ کەمێ کەم تر یان کەمێ زیاتر بێ ئەوەی ئەو دایکە هەستی پێ بکاتو بزانێ رۆژانە ئەومنداڵەومنداڵدانی چەندە گەورە دەبێت، بەراستی زانیاری هەمو شتێك لەلای ﷲ ئەندازەگیراوەو لەوئەندازەیەی کە خوا دیاری کردوە زیادو کەمی تێدا ناکرێت مەگەر ﷲ خۆی ئارەزۆی لێ بێت، جالەسەر ئەم بناغە نەگۆڕەیە کەموسڵمانی راستەقینە بەتەنگو چەڵەمەکانی زەمانەو هەڕەشەو گوڕەشەی ستەمکاران دڵی نەترساوەو وازی لە بەندایەتی خودا نەهێناوەو حەوسەڵەوخۆگری تێشوی رێگای بووەو ئارام ئارام بەرەو رەزامەندی ﷲ هەنگاوی هەڵگرتوەو دڵنیابوە کەهەمو شت لەلای خوای زاناو دانا کاتی تایبەتی خۆی هەیە.

(٩) جاخۆی سپاردوە بەو زاتەی کە زانەری هەمو پەنامەکیەکانو ئاشکراکانەو هەر خۆیەتی کەزۆر گەورەیەو هەموو گەورە کانی دنیا لەژێر دەستی ئەودان وبەرزو سەرکەوتوە بەسەر هەموو شتێکدا. بەراستی زانابیەکەی ئەوەندە زۆرە ئەفەرموێ:

(١٠) هەر کەس لەناو ئێوەدا بەنهێنی قسە بکات یان بەئاشکراو لەتاریکای شەودا خۆی بشارێتەوە یان بەئاشکرا لەرۆژدا بەرێگادا بڕوات زانینی ئەوەلەلای ﷲ یەکسانەو ئەبێ ئاگاداری خۆتان بن کە لەهیچ کاتێك دا روبەڕوی تاوان نەڕۆن چونکە ﷲ ئاگادارە لێتانو جێگایەك نیە کەئێوە خۆتانی لێ بشارنەوەو هەمیشەش دەیان فریشتەی چاودێری کەری هەیە لەسەر مرۆڤو ئەفەرموێ:

(١١) بۆ ئەوان هەمیشە چاودێری کەر هەیە کەلەبەرو پشتەوە ئەیان پارێزێت لە سەختیو تەنگو چەڵەمەو ئێشو ئازار تائەوکاتەی کەخوا مەیلی پاراستنیانی هەیەو هەر کاتێ ویستی توش ببن ئەوان بەفرمانی ﷲ وازی لێ ئەهێنن .کەواتە مرۆڤی ژیرو زاناو بەبیر ئەو کەسەیە کە تەنها لەخوا بترسێتو باکی لە کەس نەبێت. ئەمەش بەو مانا نیە کە مرۆڤ هۆیەکان بەکار نەهێنێ بەڵکو پێویستە مرۆڤ هەر هۆیەك لە توانایدا هەیە بۆ پاراستنو شتی تریش بەکاری بێنێ وەکو لێرەدا ئەفەرموێ: بێگومان ﷲ بارودۆخی هیچ گەلێك ناگۆڕێ هەتا ئەو گەلە

لَهُۥ دَعْوَةُ ٱلْحَقِّ ۖ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَىْءٍ إِلَّا
كَبَٰسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَٰلِغِهِۦ ۚ وَمَا دُعَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ
إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ ﴿١٤﴾ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا
وَكَرْهًا وَظِلَٰلُهُم بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْـَٔاصَالِ ۩ ﴿١٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ قُلِ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ لَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ
نَفْعًا وَلَا ضَرًّا ۚ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِى
ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُ ۗ أَمْ جَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ خَلَقُوا۟ كَخَلْقِهِۦ فَتَشَٰبَهَ ٱلْخَلْقُ
عَلَيْهِمْ ۚ قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّٰرُ ﴿١٦﴾ أَنزَلَ مِنَ
ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌۢ بِقَدَرِهَا فَٱحْتَمَلَ ٱلسَّيْلُ زَبَدًا رَّابِيًا ۚ
وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِى ٱلنَّارِ ٱبْتِغَآءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَٰعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ
يَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْحَقَّ وَٱلْبَٰطِلَ ۚ فَأَمَّا ٱلزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَآءً ۖ وَأَمَّا مَا
يَنفَعُ ٱلنَّاسَ فَيَمْكُثُ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ ﴿١٧﴾
لِلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِرَبِّهِمُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ وَٱلَّذِينَ لَمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَهُۥ
لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفْتَدَوْا۟ بِهِۦٓ ۚ
أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ سُوٓءُ ٱلْحِسَابِ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٨﴾

خۆیان هەوڵی گۆڕانی نەدەن واتە: ئەو گەلەی کە لەناو نازو نیعمەتدا بێ لێی تێك نادرێ هەتا خۆی نا سوپاسیو خراپە نەکات، وە لەبارودۆخی خراپیش دابێ دیسان خوا نایگۆڕێ هەتا خۆیان هەوڵی گۆڕاندنی نەدەن، جا هەر کاتێ مرۆڤ ژیری خۆی خستەکارەوە یان بێ عەقڵانە رەفتاری کرد خوا لەسەر دەستی ئەو چاکە یان خراپەیان بۆ ئەکات، واتە: گۆڕێنەری بنەڕەتی هەر خۆیەتی جا ئەگەر خوای گەورە ویستی گەلێك دوچاری سزا بکات هیچ بەرپەرچێکی نابێ وئەو سزایە دێتە سەریان، ئەسەروەتو ئەسامانو ئەهێزو ئەپاسەوان ناتوانێ هیچ کەسێك بپارێزێ لەویستو ئارەزۆی خودای جیهانو نییە بۆ ئەوان بێجگە لە ﷲ هیچ دۆستو سەرپەرشتی کارێك تا بیان پارێزێت ئینجا خوای زاناو بە دەسەڵات هەندێکی تر لە نیشانەکانی هێزو دەسەڵاتی خۆی باس ئەکاتو ئەفەرموێ:

﴿١٢﴾ ﷲ ئەو زاتەیە کە ئەو بروسکە لە ئاسمانەوە پیشانی ئێوە دەدات هەم بۆ ترس هەم بۆ تەماع، ترستان هەبێ لەو بروسکەیە کە لە خۆتانو ماڵو منداڵتان بداتو بتان کوژێت، وە ئومێدیشتان هەبی کە بارانتان بۆ ببارێنێت وگیاو گوڵتان بۆ سەوز بکات و(ﷲ) ئەو هەرخۆیەتی کە ئەو هەورە گەورەیە دروست ئەکات کە ئەو هەموو بارانەی تێدایەو بەم لاولادا ئەیبات بێ ئەوەی یەك تکە لەو ئاوە بکەوێتە خوارەوە تا خوا ئارەزۆ نەکات.

﴿١٣﴾ خۆ ئەو هەورە تەسبیحات دەکات لەگەڵ سوپاسی خوادا، جا یان هەروا بەڕاستی تەسبیحات وسوپاسی خوائەکات بەڵام ئێمە تێی ناگەین یان دروستبونی ئەو هەورەو کۆکردنەوەی ئەو ئاوەزۆرەو ئەڕژانی مەگەر بە شێوەیەکی رێك وپێك بەڵگەی بێ عەیبی خودایەو هەمو کەس ئەبێ سوپاسی بکات لەسەر ئەونیعمەتە گەورەیە کە ئاوەو مایەی ژیانە وفریشتەکانیش لەترسی ئەو زاتە تەسبیحاتی ﷲ دەکەن.

ئینجا ئەو دەنگە دەنێرێتو ئەیدات لەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێ، وە ئەوانەی کە دەمەدەمە دەکەن لەبارەی (ﷲ)ـە لەحاڵێکدا کە ئەو زاتە زۆر بەهێزو بە توانایە لەبارەی ئاڵوگۆڕ کردنە کانەوەو هەر کاتێ چی ویست ئاوا دەبێ، ئەڵێن: هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوە بوو کە پێغەمبەرمانﷺ پیاوێکی نارد بۆ لای یەکێك لە گەورە پیاوانی بت پەرستان کەبانگی بکات بۆ سەر ئاینی ئیسلام کەچی ئەو وتی : ئەو خوایی محمدە چییەو بۆم باس بکە ئایا لە زیوە یان لە ئاڵتون یان مزە؟ کابرا هاتەوە خزمەتی پێغەمبەرو وتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئاوەهای وت فەرموی بگەڕێرەوە بانگی بکە _جارێك یان دووجار_ ئەم قسەیەی دووبارە کردەوە جاری سێهەم کە چۆوە بۆ لای دی هەورێك هاتو ترەقاندی بەسەریاو کوشتیو هاتەوە خزمەتی پێغەمبەری خواﷺ ئەم ئایەتە هاتبوە خوارەوە(ئەبو یەعلاو بەزار).

﴿١٤﴾ تەنها بۆ خۆیەتی دەعوەتی راستەقینە کە بریتیە لە وشەو مانای (لااله الا الله) جا بێ باوەڕان بابزانن کە خواکانیان بێ کەلکنو ئەوانەی کە ئەوان بانگی دەکەنو دەیپەرستن بێجگە لە ﷲ هیچ وەڵامێکی ئەوان نادەنەوەو ناتوانن هیچ سودێکیان پێ بگەیەنن مەگەر وەکو ئەو کەسەی کە دەستی خۆی لەسەر لێواری بیر درێژ بکات بۆناو بیری ئاو تا ئاو بگەیەنێتە دەمی خۆی کە هەرگیز بەو شێوەیە ئەدەمی بەو ئاوە دەگاتو نە ئاویش دێت بۆ ناو دەمی کە ئەمە وێنەیەکە بۆ ئەو کەسانەی کە پەیڕەوی فرمانی جگە لە ﷲ دەکەن، واتە ئەوانەی خودایان بەجێ هێشتوەو بەدوای شتانی تر کەوتون هەرگیز سودیان لێ وەرناگرنوکارو تەلاشیان بێهودەیە بۆیەخوای گەورە دەفەرموێت: پەرستنی کافرانو هاوار کردنیان بۆ غەیری ﷲ هیچ نرخێکی نیە بێجگە لە قسەیەکی بێهودەو سەر لێ شێوانێکی زیاتر بەڵکو لەراستیدا بەم پەرستنەی ئەبێ بە

دوژمنی هەمو دروست کراوەکانی الله،چونکە هەمو دروستکراوەکانی ﷲ بێجگە لە بەشی زۆری مرۆڤو جنۆکە لەیاسای ﷲ دەرناچنو هەموویان گەردن کەچو گوێ رایەڵی فرمانی پەروەردگاریاننودژی دوژمنانی (ﷲ)ـن وەکو لێرەدا ئەفەرموێ:

١٥ ئەوسا هەربۆ ﷲ گەردن کەچن ئەوانەی کە لە ئاسمانانو زەوی دان چ بەکەیفی خۆیان وەکو باوەڕداران یان بەناچاری وەکو کافران، تەنانەت کافرانیش لە زۆربەی هەڵسو کەوتو کاروبارەیاندا گەردن کەچو رامن بۆ خودا، بۆنمونە، کابرای کافر ناتوانێت ئەگەر باڵای بەرز بێت خۆی نزم کاتەوە وخەوی بێت ناتوانێت نەخەوێتو برسی بوو ناتوانێت برسی نەبێت وخودا هەر رەنگێکی پێدابێ ناتوانێ بیگۆڕێتو کاتی دروست بونی هەروەکو کاتی مردنی بەدەست خودایە، وە زۆربەی هەرەزۆری بارودۆخەکانی ژیانیو دەوروبەری رامو گەردن کەچی خودان وە سێبەرەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا گەردن کەچو رامی ئەو بەرنامەیەن کە خودا بۆی داناون بە بەیانیانو بە ئێوارانداکەسێبەری بەیانیان لەلایەکەوەیەو ئێوارانیش لەلایەکی ترەوەیەو کەمو زیاد دەبن بەهۆی ئەو روناکی رۆژەوە کە ﷲ لەناو ئەم بونەوەرەدا دایناوەو خولانەوەی رۆژی کردوە بەهۆی گۆڕانی کە گۆڕانی رۆژ گەورەترین بەڵگەی هێزو توانایىو زانایىو دانایی خودایە، هەروەها ﷲ درێژە بە دەرخستنی نیشانەکانی هێزو یەکتای خۆی ئەداتو ئەفەرموێ:

١٦ بڵێ: کێ پەروەردگاری ئاسمانانو زەویە؟ تۆ خۆت وەڵام بدەرەوە بڵێ تەنها(ﷲ)یە پەروەردگاری ئاسمانان وزەوییە،دەی پێیان بڵێ: ئایە ئێوە بێجگە لە خوا دۆستانێکی تر ئەکەن بەیاوەرو یارمەتی دەری خۆتان کە ئەوانە بۆ نەفسی خۆشیان نەسودیان هەیەو نەزیان ئیتر ئێوە چاوەڕوانی چییان لێ دەکەن؟ ئینجا خوا نمونەی باوەڕدارو بێ باوەڕ بەم شێوەیە باس ئەکاتو ئەفەرموێ: پێیان بڵێ ئەی محمدﷺ ئایا وەکو یەکە کوێرو چاو ساغ، ئیماندارو کافر؟ یان ئایا رووناکیو تاریکی، باوەڕبوون بە ئیسلامو بێدینی وەکو یەکن؟ ئاشکرایە وەڵامی نەخێرە، ئەم وشەی(ام)ـە بۆ گۆاستنەوەیە، واتە واز بهێنە لە قسەی پێشو. ئایا ئەوان هاوبەشانێکیان دا ناوە بۆ خوا کە خەڵکیان دروست کردوە هەروەکو چۆن خوا دروستی کردوە، جا لەبەر ئەوە لێیان گۆڕا بێتو نەزانن کامیان بپەرستن، واتە: بۆ ئەوەندە گێلو گەمژەن دروستکاری ئەم بونەوەرە گەورەو پڕسەیرو سەمەرەتان بەجێ هێشتوەو خەریکی پەرستنی بەندە بێ دەسەڵاتەکانی ئەون؟! دیسان ﷲ ئەفەرموێ: پێیان بڵێ ﷲ بەدیهێنەری هەموو شتێکەو هەر ئەوە تەنهایە لەزاتو سیفاتو کرداریداو خاوەن دەسەڵاتە. جارێکی تر خوای گەورە دوو نمونە لەسەر حەقو ناحەق باس ئەکاتو ئەفەرموێ:

١٧ خوا لە ئاسمانەوە بارانی ناردوەتە سەر زەویو هەمو شیوو دۆڵەکان هەریەك بە ئەندازەی خۆی لافاوی پێداهات، جا ئەو لافاوانەش کەفێکی زۆرو بەرچاویان هەڵگرتوەو، واتە: خوا بەرنامەی خۆی رەوانە کردوەو هەر دڵێك بە ئەندازەی خۆی خواناسیو زانستی وەرگرتوە لەو بەرنامانەی خواش کە هاتوە یەکێکیان کەبۆئەم گەلەیە قورئانە کە پڕوپاگەندەی خراپ چواردەوری داوەو دایپۆشیوە، ئەمە وێنەی یەکەم بوو جا بۆ وێنەی دووەهەم ئەفەرموێت: وە هەندێك لەوانەی کە ئاگری بۆ هژدەدەن مەبەستتان ئەوەیە کە بیکەن بەخشڵ بۆ ئافرەتانو پیاوانو خۆیانیان پێ جوان بکەن یان کەلو پەلێکن تەنها بۆرابواردن وەك دروست کردنی ئاسنو سەیارەو جۆرەها دەستگای گەورەو بچوك بۆرازاندەوەی ژیانی دنیا، هەموویان بەئاگر چڵكو پیسیەکانیان لێ لائەبرێتو پاڵفتە ئەبێو سودی لێ وەئەگیرێت هەر ئاوەها خوای زاناو دانا وێنەی راستو ناڕاست باس ئەکاتو سەر ئەنجامی هەردووکیانیش بەم شێوە جوانە شی ئەکاتەوەو ئەفەرموێ: جا ئەو کەفە لەناو ئەچێتو وشك ئەبێتەوەو بێ کەڵك ئەبێ، وە ئەوەی کە بۆ خەڵك سودی هەبێت لەسەر زەویدا ئەمێنێتەوە، واتە: بەتاڵ هەر چەند لەبەرچاودا گەورەو بەهێز بێت نامێنێت وسەرئەنجام راستی لەسەر زەویدا ئەمێنێتەوەو جێگیر ئەبێ، جا هەر ئاوەها خوای دانا وێنەکان باس ئەکات تا ئێوە سودی لێ وەربگرن . ئینجا ﷲ لە پاداشی باوەڕداراندا دەفەرموێ:

١٨ بۆ ئەو کەسانەی کە وەڵامی پەروەردگاری خۆیان داوەتەوەو باوەڕیان پێ هێناوەو بەندایەتی ئەو زاتە دەکەن بەهەشتیان پێ ئەدرێتو ئەوانەی وەڵامی ئەویان نەداوەتەوەو باوەڕیان پێ نەهێناوە ئەگەر ئەوەی کە لە زەویدایە موڵکی ئەوان بوایەو ئەوەندەی تریشی لەگەڵدا بوایە هەموویان ئەدا بۆ ئەوەی کە رزگار بونایە لە سزای رۆژی دوای، جا ئاشکرایە کە نە ئەوەیان هەیەو ئەگەر ئەوەشیان ببوایە هەرگیز لێیان وەرنەئەگیرا بەڵکو بۆ ئەوان لەو کاتەدا خراپترین گێرەو کێشە هەیەو رزگاریان نابێو جێگایان دۆزەخەو دۆزەخیش پیسترین جێگایە. جارێکی تر پەروەردگاری میهرەبان نمونەیەکی باوەڕدارو بێ باوەڕ باس ئەکاتو ئەفەرموێ:

أَفَمَن يَعْلَمُ أَنَّمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ٱلْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَىٰٓ ۚ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ
أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩﴾ ٱلَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ ٱللَّهِ وَلَا يَنقُضُونَ ٱلْمِيثَٰقَ
﴿٢٠﴾ وَٱلَّذِينَ يَصِلُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ
وَيَخَافُونَ سُوٓءَ ٱلْحِسَابِ ﴿٢١﴾ وَٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ
وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً وَيَدْرَءُونَ
بِٱلْحَسَنَةِ ٱلسَّيِّئَةَ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عُقْبَى ٱلدَّارِ ﴿٢٢﴾ جَنَّٰتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا
وَمَن صَلَحَ مِنْ ءَابَآئِهِمْ وَأَزْوَٰجِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ ۖ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَدْخُلُونَ
عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ ﴿٢٣﴾ سَلَٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ۚ فَنِعْمَ عُقْبَى ٱلدَّارِ
﴿٢٤﴾ وَٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقْطَعُونَ مَآ
أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱللَّعْنَةُ
وَلَهُمْ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴿٢٥﴾ ٱللَّهُ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ ۚ وَفَرِحُوا۟
بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا مَتَٰعٌ ﴿٢٦﴾ وَيَقُولُ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۗ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ
مَن يَشَآءُ وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ ﴿٢٧﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَتَطْمَئِنُّ
قُلُوبُهُم بِذِكْرِ ٱللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾

(١٩) ئایا ئەوکەسەی کە ئەزانێت ئەوەی کە ڕەوانەکراوە بۆ لای تۆ لەلایەن پەروەردگارتەوە حەق‌و ڕاستە وەك ئەو کەسەیە کە کوێرەو هیچ حەقیقەت‌و ڕاستیەك نابینێ؟ بەڕاستی بیر لەم ڕاستیانەناکاتەوە مەگەر ئەو کەسانەی کە خاوەنی ژیری‌و عەقڵ بن، جا پەروەردگار زیاتر پێناسەی ئەو مرۆڤە ژیرانەمان بۆ ئەکات‌و ئەفەرموێ:

(٢٠) ئەوانەکەسانێکن کەبەڵێنی خۆیان لەگەڵ خوادا بەڕێك وپێکی ئەبەنە سەرو ئەو عەهدو پەیمانە ناشکێنن.

(٢١) ئەو کەسانەی کە ئەیلکێنن بەیەکەوە ئەو شتەی کەخوا دەستوری داوە بلکێت بەیەکەوە،واتە: پەیوەندی خزمایەتی نابچڕێنن، وەئەترسن لە پەروەردگاری خۆیان‌و ئەترسن لەعاقیبەتی خراپەو گێرەو کێشەی سەختی ڕۆژی دوای، هەروەها ئەو ژیرانە،

(٢٢) ئەوانەن کە لەبەر ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لەسەر بەندایەتی‌و خۆپاراستن لەتاوان‌و گرفتاری‌و تەنگوچەڵەمەکانی دنیا خۆیان گرتوەو نوێژەکانیان بەڕێك وپێکی ئەنجام داوەو لەوەی کە پێمان داون بەنهێنی‌و بەئاشکرا ئەبەخشن، وەهەمیشە بەچاکەکردن خراپەکانیان لادەبەن، جا بۆ ئەوان خانوو عاقیبەتێکی جوان هەیە کە بریتیە لە بەهەشت‌و ئەو هەمو نازو نیعمەتانەی کە لەناویدایە. ئەوانەی کە پەیرەوی لەو فەرمانەی پێغەمبەرمانﷺ دەکەن کە دەفەرموێ: {اتَّقِ الله حَيْثُمَا كُنْتَ وَأَتْبِعْ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ. /الترمذي، حسنه الالباني/ لەخوا بترسن لەهەرکوێدا هەن وبەدوای خراپەکاندا چاکە بکەن کە خراپەکان لەناو دەبات، وە بە جوانی لەگەڵ خەڵك دا بجوڵێنەوە} ئەوانە خاوەنی ئەو بەهەشتەن کە (الله) تەعریفی دەکات‌و دەفەرموێ:

(٢٣) بەهەشتانێکی شوێنی دانیشتن‌و حەسانەوەن کە ئەچنە ناویەوە خۆیان‌و هەموو ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو ئیشی چاکیان کردوە لەباوو باپیرانیان‌و لەهاوسەران‌و لە منداڵانیان‌و هەمویان لەوێدا کۆ دەبنەوە بەخۆشی‌و شادمانی‌و فریشتەکانیش لەهەمو دەرگایەکەوە دێنە لایان،

(٢٤) سەلامیان لێ دەکەن‌و مژدەی ئەمن‌و ئاسایشیان پێ ئەدەن‌و پێیان ئەڵێن: ئەم ڕێزەتان بەهۆی ئەوەیە کە خۆتان ڕاگرتوە لەسەر بەندایەتی‌و دوورکەوتنەوە لەتاوان‌و ڕازی بوون بەبڕیاری خوای خۆتان لەسەر تەنگو چەڵەمەکانی ژیان لەبەر ئەوە خوای میهرەبان ئەم نازو نیعمەتە فرەوانەو ئەم جێگا خۆشەی پێ داون بەڕاستی باشترین عاقیبەت وسەرەنجامە ئەو ماڵە کە بەهەشتە. لەفەرمودەیەکدا هاتوە کە پێغەمبەرمان ﷺ ئەفەرموێ{هَلْ تَدْرُونَ أَوَّلَ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مِنْ خَلْقِ الله قَالُوا الله وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ قَالَ أَوَّلُ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مِنْ خَلْقِ الله الْفُقَرَاءُ وَالْمُهَاجِرُونَ الَّذِينَ تُسَدُّ بِهِمْ الثُّغُورُ وَيُتَّقَى بِهِمْ الْمَكَارِهُ وَيَمُوتُ أَحَدُهُمْ وَحَاجَتُهُ فِي صَدْرِهِ لَا يَسْتَطِيعُ لَهَا قَضَاءً فَيَقُولُ الله عَزَّ وَجَلَّ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ مَلَائِكَتِهِ ائْتُوهُمْ فَحَيُّوهُمْ فَتَقُولُ الْمَلَائِكَةُ نَحْنُ سُكَّانُ سَمَائِكَ وَخِيرَتُكَ مِنْ خَلْقِكَ أَفَتَأْمُرُنَا أَنْ نَأْتِيَ هَؤُلَاءِ فَنُسَلِّمَ عَلَيْهِمْ قَالَ إِنَّهُمْ كَانُوا عِبَادًا يَعْبُدُونِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَتُسَدُّ بِهِمْ الثُّغُورُ وَيُتَّقَى بِهِمْ الْمَكَارِهُ وَيَمُوتُ أَحَدُهُمْ وَحَاجَتُهُ فِي صَدْرِهِ لَا يَسْتَطِيعُ لَهَا قَضَاءً قَالَ فَتَأْتِيهِمُ الْمَلَائِكَةُ عِنْدَ ذَلِكَ فَيَدْخُلُونَ عَلَيْهِمْ مِنْ كُلِّ بَابٍ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ بِمَا صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ/ احمدوغيره، صححه الالباني/ ئایا دەزانن کێ ئەوڵ کەسێکە کە ئەچێتە بەهەشتەوە لە دروست کراوەکانی خوا؟ وتیان: خواو پێغەمبەرەکەیﷺ ئەزانن فەرموی: ئەو کەم دەستانەو کۆچکەرانەن کە سنورەکانی وڵاتی ئیسلامییان پاراستوەو وە بەوان ناڕەحەتی‌و کۆسپ لابراوە، جا کەسی وایان هەبوە کە مردوە گەلێك ئیشی دنیایی بوە لەبەر ئەو ئەرکانەی جیهاد بۆی ئەنجام نەدراوە جا الله دەفەرموێ:

بەو کەسانەی کە ئارەزۆی لێ بێت لە فریشتە کانی برۆن بۆ لایانو سەلامیان لێ بکەن جا فریشتەکانیش دەڵێن: ئێمە نیشتەجێی ئاسمانەکانینو چاکترین دوروستکراوی تۆین ئایا فەرمانمان پێ دەدەیت کە بچین بۆ لای ئەوانو سەلامیان لێ بکەین؟! الله دەفەرموێ: ئەوانە بەندە گەلێکی منن کە بەندایەتیان بۆ من کردووە هیچیان بۆ من نەکردوەتە هاوبەشو بەوانیش سنورەکانی وڵاتی ئیسلامییان پاراستووە نارەحەتیو کۆسپ لابراوە، جا کەسی وایان هەبوە کەمردوە لەحاڵێکدا کە ئیشو مەبەستانێکیان لە دڵدا بوە کە نەیاتوانیوە جێبەجێ بکەن، جا لە پاداشی ئەو زەحمەتەیاندا فریشتەکان لە هەموو دەرگاکانی بەهەشتەوە دێنە لایانو سەلامیان لێ دەکەنو دەڵێن —ئەمە بەهۆی خۆڕاگریتانەوەیە بەراستی چاکترین پاشەڕۆژتان دەست کەوتوە}

ئینجا خوای زاناو دانا لە پاش ئەوەی کە باسی باوەڕدارانو چاکەکانیانو پاشەڕۆژیانی کرد باسی بێ باوەڕانو پاشەڕۆژی خراپەکانیان ئەکاتو ئەفەرموێت :

(٢٥) ئەوسا ئەوانەی کە پەیمانی نێوان خۆیانو خودا هەڵ ئەوەشێننەوە پاش ئەوەی کە بەسوێند ئەو پەیمانەیان بتەوو بەهێز کردووە پەیوەندی خزمایەتیو هەر شتێکی تر کە خوا فەرمویەتی بیانلکێنن بەیەکەوە وەك باوەڕهێنان بەهەمو پێغەمبەران دەبچڕێننوخراپە بڵاوئەکەنەوە لەسەر زەویدا بۆ ئەوانە نەفرینو لەعنەتی خواو پاشەڕۆژوماڵێکی خراپیان هەیە، جالە بەر ئەوەی کە بێ باوەڕان بەزۆری لە ژیانی دنیادا بەهرەمەندنو بارودۆخی ژیانیان خۆشترە ئەوە بەهۆی ژیریو لێزانیو چاکی خۆیان ئەزانن بۆیەخوای زاناو دانا رایان ئەچڵەکێنێو ئەفەرموێ:

(٢٦) هەر خوایە بژێوی فرەوان ئەکات بۆ ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێ وئەیگرێتەوە لەوکەسەی کە ئارەزۆی لێ بێ، واتە: فرەوانی سەروەتو سامان یان کەمی بەڵگەی چاکیو ناچاکی یان ژیریو نەزانی نیە، بەڵکو ئەوە بریارێکی خوایەو هەر خۆی ئەزانێ بۆچی وادەکات، بەڵام بێ باوەڕان زۆر زوو لەخۆ بای ئەبنو کەیف خۆشو لەخۆباین بەژیانی دنیا جا خوای گەورە باسی بێ نرخی ژیانی ئەم دنیایە ئەکاتو ئەفەرموێ: خۆژیانی دنیا لەچاو ژیانی قیامەتدا تەنها نەختێك رابواردنەو هیچی تر.

ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ طُوبَىٰ لَهُمۡ وَحُسۡنُ
مَـَٔابٖ (٢٩) كَذَٰلِكَ أَرۡسَلۡنَٰكَ فِيٓ أُمَّةٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهَآ أُمَمٞ
لِّتَتۡلُوَاْ عَلَيۡهِمُ ٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَهُمۡ يَكۡفُرُونَ بِٱلرَّحۡمَٰنِۚ
قُلۡ هُوَ رَبِّي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ مَتَابِ (٣٠)
وَلَوۡ أَنَّ قُرۡءَانٗا سُيِّرَتۡ بِهِ ٱلۡجِبَالُ أَوۡ قُطِّعَتۡ بِهِ ٱلۡأَرۡضُ أَوۡ كُلِّمَ
بِهِ ٱلۡمَوۡتَىٰۗ بَل لِّلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ جَمِيعًاۗ أَفَلَمۡ يَاْيۡـَٔسِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ
أَن لَّوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَهَدَى ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۗ وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُواْ قَارِعَةٌ أَوۡ تَحُلُّ قَرِيبٗا مِّن دَارِهِمۡ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ
وَعۡدُ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ (٣١) وَلَقَدِ ٱسۡتُهۡزِئَ بِرُسُلٖ
مِّن قَبۡلِكَ فَأَمۡلَيۡتُ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ ثُمَّ أَخَذۡتُهُمۡۖ فَكَيۡفَ كَانَ
عِقَابِ (٣٢) أَفَمَنۡ هُوَ قَآئِمٌ عَلَىٰ كُلِّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡۗ وَجَعَلُواْ
لِلَّهِ شُرَكَآءَ قُلۡ سَمُّوهُمۡۚ أَمۡ تُنَبِّـُٔونَهُۥ بِمَا لَا يَعۡلَمُ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَم
بِظَٰهِرٖ مِّنَ ٱلۡقَوۡلِۗ بَلۡ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ مَكۡرُهُمۡ وَصُدُّواْ عَنِ
ٱلسَّبِيلِۗ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٖ (٣٣) لَّهُمۡ عَذَابٞ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَشَقُّۖ وَمَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٖ (٣٤)

(٢٧) جا بێ باوەڕان ئەڵێن ئەگەر راستە محمد ﷺ پێغەمبەری خوایە باائایەتو نیشانەیەکی لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆ بهاتایە وەك ساڵحو موساو عیسا.جا خوا دەمکوتیان ئەکاتو ئەفەرموێ پێیان: بڵێ بەراستی خوا گومڕاوو سەرلێ شێواو ئەکات ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێتو هیدایەتو رێنماییش ئەکات ئەوکەسەی کە خۆی بۆ لای خوا ئەگەڕێتەوە، واتە: ﷲ بەزۆر نەکەس گومڕا دەکاتو نە کەس رێنمای دەکات چونکە هاتنی ئێمە بۆ ئەم ژیانە بۆ تاقی کردنەوەیەو ئەگەر زۆری کرد بۆ هەر لایەکیان ئیترسود لەم هاتنەماندا نامێنێت، بەڵکو یارمەتی ﷲ بەسراوە بەئیرادەی مرۆڤەوە هەرکاتێك مرۆڤ ئیرادەی کرد خوایش ئەگەر ویستی یارمەتی دەدات بەڵام پاداشتو سزا لەسەر ئیرادەی مرۆڤەکەیە کەوابو ئەگەر ﷲ شتێکی بە مرۆڤ کرد بەبێ ئیرادەی مرۆڤ ئەوکاتە بێتاوان دادەنرێتو بگرەو بەردەی لەسەر نییە.

(٢٨) ئەو کەسانەی کە بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە ئەوانەن کە باوەڕیان هێناوەو هەمیشە بەیادی خوا دڵەکانیان ئارام دەگرێت. ئاگاداربن بەیادی ﷲ دڵەکان ئارام دەگرن کە خوێندنی قورئان بەشێکی گرنگە لەو یادەی اللهو بەورد بوونەوە لێیو بیرکردنەوە لەماناوزانیارییەکانی بەراستی دڵەکان ئارام دەگرن

جا ئەو دڵەی کەبە قورئانو یادی خوا ئارامی نەگرت با خاوەنەکەی بترسێت لە خۆی کە دڵەکەی دڵێکی باوەڕدارانەنیە. ئینجا سەبارەت بەپاداشتی باوەڕداران ئەفەرموێ:

(٢٩) ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە خۆشبەختی هەربۆ ئەوانەو باشترین جێگایشیان هەیە ﴿طُوبَىٰ﴾ واتە: خۆشبەختی یان درەختێکە لە بەهەشتدا کە پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: { طُوبَى شَجَرَةٌ فِي الجَنَّةِ مَسِيرَةُ مائَةِ عامٍ ثِيَابُ أَهْلِ الجَنَّةِ تَخْرُجُ مِنْ أَكْمَامِهَا / احمد، حسنه الالباني/ توبا درەختێکە لەبەهەشتدا کە رۆیشتن لەژێر سێبەری ئەودرەختەدا سەد ساڵە بەسواری و پۆشاکی خەڵکی بەهەشت لەناو توێکوڵی ئەم درەختەوە دەرئەچێت}کە ئەم درەختە بۆخاوەن باوەڕانە.

(٣٠) هەر ئاوا ئەی محمدﷺ تۆمان رەوانە کرد بۆناو گەلێك کەلە پێش ئەوان دا چەندین گەلی تر رۆیشتون، واتە: تۆ شتێکی داهاتوو بێ وێنە نیت کە ئەوان لێت بکەونە گومانەوە بەڵکو پێش تۆش ئەو هەموو پێغەمبەرانە هەبون، جا تۆمان رەوانە کردوە بۆ ئەوان تا بخوێنیتەوە بەسەر ئەواندا ئەوەی کە ئێمە وەحیمان کردوەتە لاتو قسەی ئێمەیە بۆ ئەوان نە قسەی تۆ بەڵام لە راستیدا ئەوانە بەهانە ئەگرنو بێ باوەڕن بەو زاتەی کە زۆر بەسۆزو میهرەبانە، لێرەدا بەوشەی(الرحمن) ناوی خوای بردوە تا بەڵکو بێ باوەڕان بیر بکەنەوەو خۆیان لەو زاتە دور نەخەنەوەو ئومێدی بەخشینیان پێ ئەدات ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای. ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ ئەو زاتە رەحمانەو پەروەردگاری منەکە هیچ پەرستراوێکی راستەقینەی تر نیە بێجگە لەوو هەر تەنها بەو پشت دەبەستمو گەڕانەوە تەنها بۆلای ئەو زاتەیە، هەرچی ببیو هەرچی بکەیتو لە هەر کوێدا ببیت ئەبێ بگەڕێیتەوە بەردەم دادگای ئەو زاتە. وشەکانی (متاب،مثاب،مآب) بەمانای گەڕانەوە دێنو لێرە ئەو مانایە مەبەستە والله اعلم. ئینجا خوای زاناو دانا وەسفی ئەم قورئانە ئەکاتو ئەفەرموێ:

(٣١) خۆ ئەگەر قورئانێك بوایە کە چیاکانی پێ ببرایە بەڕێوەو هاتو چۆی پێ بکردنایە یان زەوی بەو لەت بکرایە یان قسەی لەگەڵ مردودا پێ بکرایە بەدڵنیاییەوە ئەم قورئانە ئەوەی دەکرد بەڵام ئێمە ئەم قورئانەمان زۆرلەوە زیاتری کردوە چونکە ئەم قورئانە پلەو پایەو موعجیزەکانی زۆر گەورەوگرنگترە لەوانەی پێش خۆی، پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار رەوانترین پەڕاو بهێنێ کە هیچ رەوان بێژێك نەتوانێ بەوێنەی ئەو سورەتێك بهێنێ چی تر هەیە لەوە گرنگترو موعجیزەتر کەچی ئێوە لاساری ئەکەنو باوەڕی پێ ناهێنن؟ جا خوا چونکە قسەکانیان بێ نرخە ئەفەرموێ: واز بێنە لەو باسە، هەمو کارو بار تەنها بەدەست خودایەو لەژێر چاودێری ئەودا دەجولێتەوە چی ئارەزۆ بکات وا ئەبێو دنیایش بۆ تاقی کردنەوەیەو هەرکەس دەرچوو لەو تاقی کردنەوەدا خۆش بەختەو هەرکەسیش دەرنەچوو خۆیو خاو خێزانی خۆی دۆڕاندوە، ئینجا خوا ئەفەرموێ: ئایا ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە نازانن کە ئەگەر خودا ئارەزۆی لێ بێ هەمو خەڵکی رێنمایی ئەکاتو بەبهەشتی ئەگەیەنێ؟ ئەوانەی کەکافرن لەدنیادا هەمیشە بەهۆی رەفتارە خراپەکانیانەوە دووچاری بەڵاو موسیبەت دەبن یان لە نزیکەوە سزاو تۆڵە ئەبینن کە توشی کەسانی تر دەبێت، بۆ ئەوەی بیر بکەنەوەو واز لەتاوانو بێ باوەڕی بهێنن بەڵام ئەوان لەم روداوە گرنگانەدا کەڕو کوێرو گەمژەنو هیچ سودێك وەرناگرن هەتا بەڵێنی خودا دێتە دی بۆیانو هەمو کەسێك ئەمرێت، جا ئەوسا ئەزانن چییان لێ قەوماوەو چ زیانێکیان کردوە. بەڵێ هاتنی مەرگ بۆ هەمو کەس بەڵێنی خودایەو بێگومان کە الله پێچەوانەی بەڵێنی خۆی ناکات، واتە: با باوەڕداران لە دەسەڵاتو هێزی بێ باوەڕان نەترسنو بەشتێکی گرنگی نەزانن چونکە دنیا وەك وتمان بۆ تاقی کردنەوەیەو اللهُ کەس بەزۆر ناکات بەباوەڕدار بەڵکو سەر پشکی کردوە لە هەڵبژاردنی بەرنامەی خۆیدا تا لە دوا رۆژدا بەهانەی نەمێنێ، جێگای بەهەشتە یان دۆزەخ بەگوێرەی رەفتاری خۆیەتی. جا خوا دڵ خۆشی پێغەمبەرمانﷺ ئەکات کە نارەحەت مەبە کە بەچاوی سووکەوە تەماشا دەکرێیتو گاڵتەت پێ دەکرێت چونکە تۆ تەنها نیتو ئەفەرموێ:

(٣٢) بەراستی لە پێش تۆدا گاڵتە کرا بەپێغەمبەران جا من مۆڵەتم دا بەکافران کە خراپەیان دەکردو وایان بیر ئەکردەوە کە شایستەی ژیانو پیاو چاکنو ماف پەروەرن بۆیە خوا زوو تۆڵەیان لێ وەرناگرێت !! لە پاشان ئەوانم گرتو تۆڵەم لێ کردنەوە، جا تەماشا بکەنو بزانن تۆڵەی من چۆنەو چیم کرد بەئەوانەی کە لایاندابو لە بەرنامەی من لە گەلی نوحەوە بگرن تا گەلی لوت، وە فیرعەون بۆ کوێ چوو چی بەسەرهات؟ ئایا هیچ کامیان توانیان بەرگری لە سزای خودا بکەن؟ دەی بۆ ئەمرۆ ئێوەش بیر ناکەنەوە؟!

(٣٣) ئایا ئەو کەسەی کە ئاگای لە هەمو نەفسێك هەیە، وەك ئەو کەسە وایە کە ئاگای لە هیچ نیە، نەخێر وەك یەك نین، سەبارەت بەو هەموو راستیو حەقیقەتەی کە ئەیبیستنو ئەی بینن کەچی ئەوان زیاتر لارێ ئەبن. وەئەوان هاوبەشانێك بۆ خوا دائەنێن، پێیان بڵێ : ئەگەر راست ئەکەن ناویان ببەن، ئەمە هەڕەشەکردنە لەوبت پەرستانە، جا هەڕەشەی توندتریان لێ ئەکاتو ئەفەرموێ: واز لەوە بێنە، ئایا ئێوە شتێك بەخوا رادەگەینن کەخوا خۆی نایزانێت لەم سەر زەویەدا؟ واتە: خوا خۆی ئەزانێ کە شەریکی نیە بەڵام ئێوە پێی رادەگەیەنن کە شەریکت هەیە؟! واز لەوەش بهێنە، ئایا بەرواڵەتو قسەی پوچ خۆتان فریوداوەو ئەڵێن ئەو بتانە سودیان هەیەو هاوبەشی خودان؟ واز لەوەش بهێنە، بەراستی جوان کراوە بۆ کافران فڕو فێڵەکانیانو بەهۆی کوفریانەوە بەرگری کراون لە رێگای خودا، وەئەو کەسەی کە خوای گەورە گومڕاهی بکات ئیتر کەسی تر نیە رێنمای بکات، مادام ئەوان بەکەیفی خۆیان بەرەو فەساد رۆیشتن خوایش گومڕاهی کردنو هەر کەسێکیش کە خوا گومڕاهی بکات هەرگیز رێگای راستو دروست نادۆزێتەوە، جا خوا باسی سزای کافران ئەکاتو ئەفەرموێ:

(٣٤) سزا هەیە بۆ ئەوان لە ژیانی دنیاداو سزای پاشە رۆژ زۆر زۆر بەهێزترو سەخترەو بۆ ئەوان پاڵپشتێك نیە لە سزای خودا بیان پارێزێتو نەیەڵێ سزا بدرێن، جاپاش باسی سزای کافرو بێ باوەڕان ئاوەڕێك ئەداتەوە بۆ لای پاداشی باوەڕدارانو ئەفەرموێ:

(٣٥) وێنەی ئەو بەهەشتەی کە بەڵێن دراوە کە بدرێت بە پارێزکاران، باغو بێستانێکە کە لەژێر ئەو بەهەشتانەدا چەندین جۆگا لە ئاوو هەنگوین وشیرو شەراب ئەڕوات (ئەم چوار روبارە لە سورەتی محمد ﷺ دا باسکراون)کە خواردنەکەی هەمیشەییەو سێبەرەکەشی هەروا هەمیشەییە دیارە لەوێ خۆرو مانگ نیە بەڵام روناکی بەهەشت وەك روناکی پێش خۆرکەوتنی بەیانیەو خۆشیو چۆنیەتی سێبەرەکەی هەر لەوێ ئەزانرێت، سا خوا بیکات بەنسیبمان، ئەوەیە عاقیبەتی ئەو کەسانەی کە پارێزکارنو لە خوا ئەترسن، وە عاقیبەتی کافران دۆزەخە، جا خوا لە وەسفی ئەوکەسانەی کەباوەڕیان بەقورئان هێناوە ئەفەرموێ:

(٣٦) جا ئەوانەی کە ئێمە پەڕاومان پێ داون وەك هەندێك لە جووەکان و هەندێك لە فەلەکان شادمانو کەیف خۆشن بەوەی

مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ
أُكُلُهَا دَآئِمٞ وَظِلُّهَاۚ تِلۡكَ عُقۡبَى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْۖ وَّعُقۡبَى
ٱلۡكَٰفِرِينَ ٱلنَّارُ ﴿٣٥﴾ وَٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَفۡرَحُونَ
بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَۖ وَمِنَ ٱلۡأَحۡزَابِ مَن يُنكِرُ بَعۡضَهُۥۚ قُلۡ إِنَّمَآ أُمِرۡتُ
أَنۡ أَعۡبُدَ ٱللَّهَ وَلَآ أُشۡرِكَ بِهِۦٓۚ إِلَيۡهِ أَدۡعُواْ وَإِلَيۡهِ مَـَٔابِ ﴿٣٦﴾
وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَٰهُ حُكۡمًا عَرَبِيّٗاۚ وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُم بَعۡدَمَا
جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا وَاقٖ ﴿٣٧﴾ وَلَقَدۡ
أَرۡسَلۡنَا رُسُلٗا مِّن قَبۡلِكَ وَجَعَلۡنَا لَهُمۡ أَزۡوَٰجٗا وَذُرِّيَّةٗۚ وَمَا كَانَ
لِرَسُولٍ أَن يَأۡتِيَ بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ لِكُلِّ أَجَلٖ كِتَابٞ ﴿٣٨﴾
يَمۡحُواْ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ وَيُثۡبِتُۖ وَعِندَهُۥٓ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ ﴿٣٩﴾
وَإِن مَّا نُرِيَنَّكَ بَعۡضَ ٱلَّذِي نَعِدُهُمۡ أَوۡ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِنَّمَا عَلَيۡكَ
ٱلۡبَلَٰغُ وَعَلَيۡنَا ٱلۡحِسَابُ ﴿٤٠﴾ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا نَأۡتِي ٱلۡأَرۡضَ نَنقُصُهَا
مِنۡ أَطۡرَافِهَاۚ وَٱللَّهُ يَحۡكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكۡمِهِۦۚ وَهُوَ سَرِيعُ
ٱلۡحِسَابِ ﴿٤١﴾ وَقَدۡ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ فَلِلَّهِ ٱلۡمَكۡرُ جَمِيعٗاۖ
يَعۡلَمُ مَا تَكۡسِبُ كُلُّ نَفۡسٖۗ وَسَيَعۡلَمُ ٱلۡكُفَّٰرُ لِمَنۡ عُقۡبَى ٱلدَّارِ ﴿٤٢﴾

کە رەوانەمان کردوەتە لای تۆ، چونکە زانیاری پێشویان لەسەر تۆ بوەو ئێستە ئەزانن کە تۆ پێغەمبەری خوایتو باوەڕیان پێ هێناوی وەکو عەبدوڵای کوڕی سەلام، وە هەندێك لەو کۆمەڵانە دژایەتی بەشێك لەو قورئانە ئەکەن بۆ نمونە ئەم قورئانە عیسا بەپێغەمبەر ئەزانێو ئەڵێت ئەو بتانە بێ کەڵکن کەچی جولەکە عیسا بەپێغەمبەر نازانێو تانەو تەشەری خراپیشی لێ ئەدەنوبت پەرستانیش بتەکانیان خۆش ئەوێو بەشتیان ئەزانن، جا خوا فرمان ئەکات بە پێغەمبەرمانﷺ وئەفەرموێ: ئەی محمدﷺ بڵێ: فرمانم پێ کراوە کەمن خودا بپەرستم وهاوەڵی بۆ دانەنێم کە من تەنها بۆ لای ئەو خەڵکی بانگ دەکەمو هەر بۆ لای ئەوە گەڕانەوە. چی بکەیتو چی بیت سەرئەنجام ئەبێ بچیتەوە بەردەم خودای خاوەن دەسەڵاتو زانا هەرکەس پاداشو تۆڵەی خۆی وەر ئەگرێت بێ ئەوەی ستەمێك لە کەس بکرێت، کەواتە بانگ بۆ لای خواو بەرنامەکەی ئیشێکی ژیرانەو سود بەخشەو هیوای خۆش بەختی لێ ئەکرێت. ئینجا خوای گەورە ئەفەرموێ:

(٣٧) هەروەکو چۆن پەڕاومان نارد بۆ لای پێغەمبەرانی پێشو هەر ئاوەها ئەو قورئانەمان ناردە لای تۆ کە بەرنامەو فرمانێکە بە زمانی عەربیو تۆیشمان بەو قورئانە پایەبەرزو

وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَسْتَ مُرْسَلًاۚ قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ
شَهِيدَۢا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلْكِتَٰبِ ﴿٤٣﴾

٥٢ سُورَةُ إبْرَاهِيمَ ١٤

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓرۚ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ ٱلنَّاسَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ
إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴿١﴾
ٱللَّهِ ٱلَّذِي لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِۗ وَوَيْلٌ
لِّلْكَٰفِرِينَ مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ
ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا عَلَى ٱلْءَاخِرَةِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ
وَيَبْغُونَهَا عِوَجًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٍۭ بَعِيدٍ ﴿٣﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا
مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمْۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ
مَن يَشَآءُ وَيَهْدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ
﴿٤﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ أَنْ أَخْرِجْ
قَوْمَكَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ وَذَكِّرْهُم بِأَيَّىٰمِ
ٱللَّهِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿٥﴾

ڕێزدار کرد، جا ئەی محمد ئەگەر بێتو تۆ دوای ئارەزۆکانی ئەوان بکەویت پاش ئەوەی کەئەم حەقیقەتو زانیاریانە هاتوەتە لات ئیتر ئەبێ تۆیش چاك بزانی کە ئەو کاتە لەلایەن خواوە هیچ یارمەتی دەرو دۆستێکت نیە کە یارمەتیت بداتو هیچ پارێزەرێکیشت نیە کە بت پارێزێت لە سزاو تۆڵەی خوا. ئەمە هەرەشەیەکە لەپێغەمبەرمان ﷺ کەمەبەست ئێمەی ئوممەتی ئەو پێغەمبەرەین ﷺ ئەگینا پێغەمبەری خوا ئەلای داوەو ئەتابیعی ئەوانیش دەبێت. ئینجا لە وەڵامی ئەوانەدا کە ڕەخنەی ژن هێنانیان لە پێغەمبەر ﷺ ئەگرت ئەفەرموێ:

﴿٣٨﴾ بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانێکی زۆرمان لەپێش تۆدا ڕەوانە کردوە کەئەوانیش بەشەر بوونوئەوەی کە خوا بۆی حەڵاڵ کردون لە خواردنو ژن هێنان ئەنجامیان داوەو هاوسەرو منداڵیان بووە، کەواتە بۆچی ئەوان ئەم ڕەخنە بێ نرخانە ئەگرن بەتایبەت جولەکە ئەڵێت من ئەوەی ئیبراهیمم ئەگەر ئیبراهیم خێزانی ئەبوە ئەوەکەی هی چییە؟ وە هیچ پێغەمبەرێك ناتوانێت خۆی بۆ خۆی موعجیزەیەك بهێنێت مەگەر خوا ماوەی پێ بداتو بۆی ئەنجام بدات، ئەوسا بۆ هەمو ماوەیەکیش نوسراوی تایبەت هەیە تا ئەوکاتە نەیەت ئەو شتە ڕونادات.

﴿٣٩﴾ جا خوا لەناوی ئەباتو ئەی سڕێتەوە ئەو شتەی کە ئارەزۆی لێ بێتو دای ئەمەزرێنێو پتەوی دەکات ئەو شتەی کە ئارەزۆی لێ بێتو بنەڕەتو سەری پەڕاوەکە لەلای خۆیەتی، واتە: ئەوگۆڕانکاریانە لەبەرچاوی ئێمەو فریشتەکانە ئەگینا بڕیاری سەرکی خوا گۆڕانکاری تێدا نابێتوبە گوێرەی زانیاری خۆی چی تۆمارکردوە لە "لەوحولەحفوز"دا هەر ئەوە ئەبێ بەبێ زیادو کەم، ئینجا خوا ڕوونەکاتە پێغەمبەرمان ﷺ و ئەرکی سەرشانی بۆ ڕۆشن ئەکاتەوەو ئەفەرموێ:

﴿٤٠﴾ خۆ ئەگەر ئێمە هەندێك لەو سزایانەی کە بەڵێنمان پێداون لە کاتی بونی تۆدا جێ بەجێی بکەینو ئەو سزایە پیشانی تۆ بدەین کە زیاتر تۆ دڵخۆش ببی یان تۆ بمرێنین پێش ئەوەی کەسزایان بدەین لای ئێمە یەکسانەو پەیوەندی بەتۆوە نیە چونکە تۆ تەنها گەیاندنی ئەم پەیامەت لەسەرە وبگرەو بەردەو حیساب لە سەر ئێمەیە.

﴿٤١﴾ ئایا کافران نابینن کە ئێمەئەو زەوییەی ئەوان هەمیشە کەم ئەکەینەوە ئەیدەینەدەست باوەڕداران؟ وە خەڵکی باوەدار نابینن کە ئێمە هەمیشە زاناو هەڵکەوتوانیان دەبەینەوە لای خۆمانو ئەوان کەم ئەکەینەوە؟ واتە: مادام ئەوان لەم بارەوە هیچیان پێ ناکرێت ئەبوایە بەجوانی گەردن کەچ بونایەو بەتەواوی‌و بەدڵسۆزییەوە بەندایەتی خوایان بکردایەو لەو بترسانایە چونکە خوا دروستی کردونو هەر خوایش حوکم ئەکاتو هیچ کەسێك ناتوانێت حوکمی دوا بخاتو هەر ئەوە زۆر زۆر بەپەلەیە لە لێکۆڵینەوەو حیسابدا.

﴿٤٢﴾ لە پێش ئەم گەلەی تۆدا ئەی محمد ﷺ بەڕاستی کافران فڕوفێڵی خۆیان کردوە بەڵام بەو فڕوفێڵانەیان بەجێگایەك نەگەیشتونو زیاتر ئەو فڕو فێڵانەیان بووەتە هۆی لەناوچونی خۆیان چونکە هەموو فڕوفێڵێك لە ژێر چاودێری‌و بڕیاری خوادایەو ناتوانرێت بەبێ ئارەزۆی ئەو هیچ شتێك بکرێتو بەڵێنیشی داوە کە فڕوفێڵی بێ باوەڕان پوچەڵ بکاتەوە کە ئەو ئەزانێت هەرکەسێك خەریکی چییەو چی ئەکات بەم زووانە کافران ئەزانن عاقیبەتی خۆش بەختی‌و خانوی چاك بۆ کێیە.

﴿٤٣﴾ جا ئەوانەی کە کافربوون ئەڵێن تۆ پێغەمبەر نیتو باوەڕت پێ ناکەن جا تۆش بڵێ: خوا بەسە کەشایەت بێت لە نێوان منو ئێوەدا کەمن ڕەوانە کراوی ئەومو ئەوکەسەش کە

زانیاری پەڕاوی هەیە ئەزانێ کەمن پێغەمبەری خوام‌و ئەوەندەش بەسە بۆمن.

(١٤) سورەتی ئیبراهیم (٥٢)

سورەتی ئیبراهیم کە سورەتی چواردەهەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، پەنجاو دوو ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی حەفتاهەمەو پاش سورەتی (الشورى)و پێش (الأنبياء) دابەزیوە. ناوی پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ کە بە باوکی پێغەمبەران دەناسرێت شەست‌و نۆجار لە بیست‌و پێنج سورەتی قورئاندا هاتوە. لەم سورەتەدا یەکجار ئەویش لە ئایەتی سی وپێنجەمدا هاتوە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەلیف لام را. ئەمە کتابێکە ئێمە رەوانەمان کردوە بۆ لای تۆ ئەی محمدﷺتا تۆش خەڵکی لە تاریکیەکانی گومڕاهی‌و کوفرو نەفامی رزگار بکەیت‌و بیان هێنی بۆ ناو رووناکی ئایین بەبڕیاری پەوەردگاری خۆیان ورێنماییان بکەیت بۆ رێگای ئەو زاتەی کە خاوەنی دەسەڵاتەو سووپاس کراوە لە ئاسمانان وزەویدا کە باڵادەستی نییەو نیازی بەکەس نییە.

(٢) ئەوخوایەی کە موڵکی ئەوە ئەوەی کە لە ئاسمانان‌و زەویدایە جا بەد بەختی‌و روو ڕەشی بۆ بێ باوەڕانە لەو سزا توندەی کە بۆیان ئامادەکراوە.

(٣) ئەو کافرانەی کە ژیانی دنیایان هەڵبژاردوەو پێیان خۆشترە لە ژیانی قیامەت ورێگای ئاینەکەی خوا دەگرن‌و نایەڵن خەڵك دوای کەوێ‌و ئاینەکەی خوا بەشێوەیەکی لارو ناشیرین پیشانی خەڵك دەدەن تا خەڵکی لەو پەشیمان بکەنەوە بەراستی ئەوانە لە گومڕاهیەکی زۆر دوور لە رستیدان، چونکە دژایەتی خواو ئاینەکەی ئەکەن، سەرەنجام دەشکێن‌و تارو مار دەکرێن، ئینجا ئەفەرموێ:

(٤) ئێمە رەوانەمان نەکردوە هیچ پێغەمبەرێك بۆ هیچ گەلێك مەگەر بەزمانی گەلەکەی خۆی بێت تا حەق‌و راستیان بۆ رۆشن بکاتەوە جا پاش ئەوە هەرکەسێك کە خودا ئارەزۆی لێ بێ گومڕاهی ئەکات‌و هەر کەسێکیشی ئارەزۆی لێ بێ رێنمای ئەکات‌و هەر خۆیەتی بە دەسەڵات‌و دانا چی ئارەزۆی لێ بێ ئەیکات‌و کەس ناتوانێ رێگای لێ بگرێت وهەرچیش ئەکات بەسودە، ئینجا بەشێوەیەکی کورت باسی موسا ئەکات‌و ئەفەرموێ:

(٥) جا بەراستی ئێمە موسامان رەوانە کرد بەچەند ئایەت‌و چەند نیشانەی گەورەی خۆمان وەکو عەساکەی دەستی‌و گوتمان گەلەکەت رزگار بکە لەدەستی فیرعەون‌و دارودەستەکەی‌و رزگاریان بکە لە تاریکاییەکانی نەفامی‌و بت پەرستی بۆ رووناکی ئایین‌و یەکتا پەرستی‌و ئامۆژگاریان بکەو بیخەرەوە بیریان ئەو هەمو نیعمەتانەی کە ﷲ رژاندی بەسەریاندا، بێگومان ئا لەمەدا چەندین بەڵگەی گەورە هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە زۆر خۆگرن لەسەر بەندایەتی‌و دوورن لەتاوان‌و زۆر سوپاسی ﷲ دەکەن.

(٦) جا بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە موسا بەگەلەکەی وت: بیر بکەنەوە لەو هەمو نیعمەتانەی ﷲ کە بە ئێوەی داوە بەتایبەت لەو کاتەدا کەالله لەدەست‌و دایەرەی فیرعەون رزگاری کردن کە خراپترین سزای دەدان‌و کوڕەکانتانی سەردەبڕی‌و ژنەکانتانی دەهێشتەوە بۆ رابواردن‌و لەو روداوەدا تاقی کردنەوەیەکی گەورە بو بۆتان لەلایەن پەروەدگارتانەوە.

(٧) بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە پەروەردگارت پێی راگەیاندن‌و فەرموی: ئەگەر ئێوە شوکر بکەن بەراستی زیادی ئەکەم بۆتان وئەگەر کوفری نیعمەتی من بکەن ورێزی نەگرن بەراستی سزای من زۆر توندەو هەرکات گرتنی ئیتررزگار نابن، واتە: بە سوپاسی ﷲ لەسەرنیعمەتەکانی، نیعمەتەکانی بۆتان زیاتر دەبێت بەناشوکری وسپڵەییش نیعمەتەکانی دەبڕێت، جا بەم شێوەیە خوای زاناو دانا بە کورتی بەسەرهاتی جولەکەکانی باس کردو رێگای زیاد کردنی نیعمەتەکانیشی بۆ باس کردن تا بەڵکو بیر بکەنەوەو پەیڕەوی پێغەمبەری ئاخر زەمان بکەن‌و دژایەتی نەکەن بەڵام ئەم جولەکانە دڵیان لەبەرد رەقتربو ئەم هەمو ئامۆژگاری‌و وە بیر هێنانەوە هیچ کارێکی تێ نەکردن‌و لە تاوان‌و خراپەکاری دەستیان

وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ
إِذۡ أَنجَىٰكُم مِّنۡ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ يَسُومُونَكُمۡ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ
وَيُذَبِّحُونَ أَبۡنَآءَكُمۡ وَيَسۡتَحۡيُونَ نِسَآءَكُمۡۚ وَفِي
ذَٰلِكُم بَلَآءٞ مِّن رَّبِّكُمۡ عَظِيمٞ ﴿٦﴾ وَإِذۡ تَأَذَّنَ
رَبُّكُمۡ لَئِن شَكَرۡتُمۡ لَأَزِيدَنَّكُمۡۖ وَلَئِن كَفَرۡتُمۡ إِنَّ
عَذَابِي لَشَدِيدٞ ﴿٧﴾ وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِن تَكۡفُرُوٓاْ أَنتُمۡ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ
جَمِيعٗا فَإِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ ﴿٨﴾ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ نَبَؤُاْ ٱلَّذِينَ
مِن قَبۡلِكُمۡ قَوۡمِ نُوحٖ وَعَادٖ وَثَمُودَۛ وَٱلَّذِينَ مِنۢ
بَعۡدِهِمۡۛ لَا يَعۡلَمُهُمۡ إِلَّا ٱللَّهُۚ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ
فَرَدُّوٓاْ أَيۡدِيَهُمۡ فِيٓ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَقَالُوٓاْ إِنَّا كَفَرۡنَا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم
بِهِۦ وَإِنَّا لَفِي شَكّٖ مِّمَّا تَدۡعُونَنَآ إِلَيۡهِ مُرِيبٖ ﴿٩﴾ ۞ قَالَتۡ
رُسُلُهُمۡ أَفِي ٱللَّهِ شَكّٞ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ يَدۡعُوكُمۡ
لِيَغۡفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ وَيُؤَخِّرَكُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ
مُّسَمّٗىۚ قَالُوٓاْ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا
عَمَّا كَانَ يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَا فَأۡتُونَا بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ ﴿١٠﴾

نەکێشاوەو تائێستاش هەر بەردەوامن لەسەر پیلان‌وناژاوەنانەوەدژی ئیسلام‌و پەیڕەوانی، ئەوتە موسایش سەلامی خوای لەسەربێ ئەوەندە ماندو بووە بەدەستیانەوە.

(٨) موسا وتی: ئەگەر ئێوە هەموتان، وە ئەوانەش کەلەسەر زەویدان هەموویان کافربن با بزانن کە خوای گەورە بێ نیازو دەوڵەمەندو سووپاس کراوە.

ئەوەتە لەفەرمودەیەکی قودسی دا هاتوە کە(هەمو مرۆڤو جنۆکە لەبەرزاییەکدا کۆ ببنەوەو هەرکەس هەرچی ئەوێ داوا لە الله بکاتو الله داخوازی هەموویان جێ بەجێ بکات هێچ شتێك لە مولکی الله کەم ناکاتەوە مەگەر بەئەندازەی ئەوەی کە دەرزییەك بکەیت بەناو دەریاداو دەری بهێنی چەند ئاوی ئەو دەریایە کەم ئەکاتەوە هەر ئەوەندە کەم ئەکاتەوە، بەدرێژی ئەم فەرمودەیەم لە (چل چرای ئیسلام)دا باس کردوە، سوپاس بۆ خوا، ئینجا خوای گەورە روونەکاتە ئەم گەلەی پێغەمبەرمانﷺو ئەفەرموێ:

(٩) ئایا نەهاتوەتە لاتان دەنگوباس‌و خەبەری ئەوکەسانەی کەلەپێش ئێوەدا بوون وەکو گەلی نوح وعادو سەمود، وە ئەوانەی کەلە دوای ئەواندا بوون کە بێجگە لە الله کەس نازانێت چەند بوون ولە کوێداو چییان کردو چییان بەسەرهاتوەو ئێستا لەو دنیادا ژیانیان چۆنە، ئەمانە هەمویان پێغەمبەرانیان بەنیشانە گەلی ئاشکراوە هاتە لا بەڵام لە جیاتی باوەڕهێنان ئەوان زیاتر دژایەتیان دەکردو لەداخا قەپیان بەدەستی خۆیاندا ئەکردو ئاماژەیان ئەکرد بە دەستیان بۆ پێغەمبەرەکانیان کە قسە نەکەن‌و هەمو نیعمەتەکانی خوایان بەتایبەتی نیعمەتی رەوانەکردنی پێغەمبەرانیان بەکەم زانی‌و سوپاسیان نەکردوگوتیان: ئێمە بێ باوەڕین بەوەی کە ئێوەی بۆ رەوانەکراوەو بەراستی ئێمە گومانمان هەیە لەبارەی ئەو شتەوە کە ئێوە ئێمەی بۆ بانگ ئەکەن‌و دوو دڵین‌و بەراستی نازانین.

(١٠) پێغەمبەرەکانیان پێیان وتن: ئایا لە بارەی خواوە گومانتان هەیە کەدروستکاری ئاسمانان‌و زەویە؟ وە ئەو زاتە بانگتان دەکات تا لە گوناهەکانتان خۆش ببێت وزوو تۆڵەتان لێ وەرناگرێ‌و دواتان ئەخات تاماوەیەکی دیاری کراو، جا لە جیاتی ئەوەی کە سوپاسی بکەن ئێوە کوفرانی دەکەن؟ ئینجا بێ باوەڕان لە وەڵامی پێغەمبەرەکانیاندا وتیان: ئێوەش بێجگە لەوەی بنیامێکن وەکو ئێمە شتێکی ترنین، ئێوە ئەتانەوێ بەرگری ئێمە بکەن لە بەندایەتی ئەو خودایانەی کەباو باپیرانمان بەندایەتیان بۆ کردوە، ئێمە باوەڕتان پێ ناکەین ئەگەر راست ئەکەن ئادەی بەڵگەی ئاشکرامان بۆ بهێنن،

بەڵێ بەدرێژایی مێژوی ئادەمیزاد مەگەر بەدەگمەن ئەگینا هیچ کات قسەی رەوانە کراوی خودایان بەراست نەزانیوەو هەمیشە لەگەڵ بوونی دەیان بەڵگەی راست‌و رۆشن لەسەر راستی ئەو پێغەمبەرانە هەر بەهانەی هاتنی بەڵگەی تریان گرتوە.

قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ
يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦۖ وَمَا كَانَ لَنَآ أَن نَّأْتِيَكُم
بِسُلْطَٰنٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ
(١١) وَمَا لَنَآ أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنَا سُبُلَنَاۚ
وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَىٰ مَآ ءَاذَيْتُمُونَاۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ
(١٢) وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ
أَرْضِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَاۖ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ
ٱلظَّٰلِمِينَ (١٣) وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِهِمْۚ
ذَٰلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِى وَخَافَ وَعِيدِ (١٤) وَٱسْتَفْتَحُوا۟
وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ (١٥) مِّن وَرَآئِهِۦ جَهَنَّمُ وَيُسْقَىٰ
مِن مَّآءٍ صَدِيدٍ (١٦) يَتَجَرَّعُهُۥ وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُۥ
وَيَأْتِيهِ ٱلْمَوْتُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍۖ وَمِن
وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٌ (١٧) مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْۖ
أَعْمَٰلُهُمْ كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ فِى يَوْمٍ عَاصِفٍۖ لَّا يَقْدِرُونَ
مِمَّا كَسَبُوا۟ عَلَىٰ شَىْءٍۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلْبَعِيدُ (١٨)

(١١) جاپێغەمبەرەکانیشیان گوتویانە بەڵێ ئێمەش بێجگە لە بنیامێکی وەکوو ئێوە شتێکی ترنینو بەڵگە هێنان تەنها بەبڕیاری ﷲ یە بەڵام خوای گەورە منەت ئەخاتە سەر ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت لە بەندەکانی خۆیوهەڵی دەبژێریو ئەیکات بەپێغەمبەر تەنها ئەوە هەیەو ئێمەش تەنها بەوە لە ئێوە زیاترینو ناتوانین بەکەیفی خۆمان چیمان ویست ئەنجامی بدەینو ناتوانین هیچ بەڵگەیەك بهێنین بۆ ئێوە مەگەر ﷲ ڕێگامان پێ بدات، وە باوەڕداران با تەنها بەالله پشت ببستن، چونکە هەر ئەوە پشتو پەنایانو جێگای ئومێدو هێنکی دڵودەرونیان.

(١٢) دەی ئەبێ بۆ ئێمە پشت نەبەستین بە خوای خۆمان لە حاڵێکدا کە ئێمەی ڕێنمای کردوە بۆ ڕێگای خۆمان کە ڕێگای ئاینەکەی خۆیەتی؟ وبەراستی ئێمە خۆئەگرین لەسەر ئێشو ئازارێ کە ئێوە بۆمان دروست ئەکەن لەسەر ئەو ئاینەی الله، وە ئەو کەسانەی کە پاڵپشت ویارمەتی دەریان دەوێت با تەنها بەخوا پشت ببەستن چونکە تەنها خوایە ئەتوانێ سود، یان زیانیان پێ بگەیەنێت، ئینجا درێژە بە باسی کافرانو بێ باوەڕان ئەداتو ئەفەرموێ:

(١٣) ئەوانەی کە بێ باوەڕبوون بە پێغەبەرەکانیان وت: بەراستی ئێمە لەم وڵاتو خاکەی خۆمان دا دەرتان دەکەینو وازتان لێ ناهێنین یان ئەبێ دەربچن یان ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ سەر ئاینی ئێمە، جا پەروەردگاریان کە هەمیشە یاریدەدەری پێغەمبەران بوە وەحی کردوەتە لایانو فەرمویەتی: لەسەر ئیشی خۆتان خۆبگرنو گوێ بە قسەی ئەوان مەدەنو مەترسن،چونکە بەراستی ئێمە ستەمکاران لەناو ئەبەینو بەدبەختو سەرشۆڕیان دەکەین،

(١٤) ئەوسا پاش ئەوان ئێوە سەقامگیر ئەکەین لەسەر ئەو زەوییەداو هەمو ناخۆشیەکانتان لەبیر ئەبەینەوە،جا ﷲ ئەم روداوەی پێشوو ئەکات بە بەرنامەیەکی گشتیو ئەفەرموێ: ئائەمە بۆ ئەو کەسەیە کە لەپایەو مەقامی منو هەڕەشەکانم ترسا بێتو باوەڕی بەهاتنە جێی قسەکانم بوبێت، واتە: خاوەن باوەڕ وەختێ ئەبێ چاوەڕوانی فەوتانی ستەمکاران بکاتو سەرکەوتنی خۆی
که بە دڵ باوەڕی بەقسەکانی خوای گەورە هەبێو لێی بترسێت وخۆی لە تاوانو خراپەکاری بپارێزێو هەمیشە لە خوا بپاڕێتەوە کە یارمەتی بدات وەکو خۆی لێرەدا ئەفەرموێ:

(١٥) پێغەمبەران پاش ئەوەی زانیان کە گەلەکەیان باوەڕیان پێ ناکەن داوای سەرکەوتنیان کرد، جا ﷲ یش داواکانی لێ وەرگرتن وهەمو داپلۆسێنەرێکی مل هوڕ هەر لەدنیادا رەنجەڕۆو شەرمەندە بوون.

(١٦) کە دۆزەخ لە پێش دەم ئەوانەو بۆ یان سازدراوە، خۆ ئاویش ئەدرێن بە ئاوێك کە زوخو کێمی دۆزەخیانە.

(١٧) بەزۆر هەوڵ ئەدات بیخواتەوە بەڵام خەریکە لەقوڕگیدا ئەچێتە خوارەوە، ئا ئەوەیە خواردنەوەی بە لەزەتی پاشە ڕۆژی ستەمکاران؟! مەرگ لە هەمو لایەکەوە لە سەرەوەو لەژێرەوەو لەراستو لەچەپەوە بۆی دێت تەنانەت بەناو خواردنەوەش بۆی دێت بەڵام چی بکات نە ژیانی خۆش ئەبێتونە ئەشمرێت، وە لە پێش دەمیشیدایە سزایەکی ئەستور کە پاش ئەم هەمو ناخۆشیانە بەو سزایەش دەگات وله سورەتی(فاتیر- ٣٦) دەفەرموێ:

أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۚ إِن يَشَأْ
يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٩﴾ وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ بِعَزِيزٍ
﴿٢٠﴾ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ جَمِيعًا فَقَالَ ٱلضُّعَفَٰٓؤُا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟
إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا مِنْ عَذَابِ ٱللَّهِ
مِن شَىْءٍ ۚ قَالُوا۟ لَوْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ لَهَدَيْنَٰكُمْ ۖ سَوَآءٌ عَلَيْنَآ
أَجَزِعْنَآ أَمْ صَبَرْنَا مَا لَنَا مِن مَّحِيصٍ ﴿٢١﴾ وَقَالَ ٱلشَّيْطَٰنُ
لَمَّا قُضِىَ ٱلْأَمْرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ ٱلْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ
فَأَخْلَفْتُكُمْ ۖ وَمَا كَانَ لِىَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوْتُكُمْ
فَٱسْتَجَبْتُمْ لِى ۖ فَلَا تَلُومُونِى وَلُومُوٓا۟ أَنفُسَكُم ۖ مَّآ أَنَا۠
بِمُصْرِخِكُمْ وَمَآ أَنتُم بِمُصْرِخِىَّ ۖ إِنِّى كَفَرْتُ بِمَآ
أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ ۗ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ
﴿٢٢﴾ وَأُدْخِلَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٍ
تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ ۖ تَحِيَّتُهُمْ
فِيهَا سَلَٰمٌ ﴿٢٣﴾ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً
كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾

(بڕیاریان بەسەردا نادرێت تا بمرن وە سزایشیان لەسەر سوك ناكرێت).لەوانەیە لێرەدا پرسارێك بەمێشكی مرۆڤدا بێت كە خۆ هەندێ لەبێ باوەڕان ئیشی چاكە ئەكەن لە دنیادا ئایا ئەوانیش لەگەڵ كافرو بێ باوەڕانی تردا كە چاكە ناكەن وەكو یەكن؟ ئەی چاكەكانیان چی بەسەرهات؟ خوای گەورە ئەفەرموێ:

(١٨) وێنەی كرداری چاكەی ئەو كەسانەی كە باوەڕیان بە پەروەردگاری خۆیان نیە وەكو خۆڵە مێشێك وایە كە بایەك لێی هەڵ بكات لە رۆژێكی بای توندداو كەس نەتوانێ هیچ شتێك لەو خۆڵە مێشە كۆبكاتەوە، وە هەر ئاوەهاش ئەو بێ باوەڕانە بەهۆی كوفرەكانیانەوە هەمو كردارە چاكەكانیان بەزایە ئەچێت‌و ناتوانن هیچ شتێك لەو كردارە چاكەیان بەدەست بهێننەوە، كەواتە بەراستی ئەوە سەرلێ شێواوی‌و گومڕاهیەكی زۆر دورە لەژێیری‌و راستیەوە، منیش ئەڵێم: چاكەت نەماوە ... خراپەت تۆمارە، ئاوی شیرینت وەك زەهری مارە ... دەبا نۆشی كات ئەو ستەمكارە .

ئینجا پەروەدگاری زاناو داناو بەدەسەڵات، بەشێك لە دروستكراوە گرنگەكانی خۆی دەخاتە پێش چاوی ئێمە تا بزانین كە زیندو كردنەوەمان لای خوا زۆر لەو دروستكراوانە ئاسانترە جا دەفەرموێ:

(١٩) ئایا تۆ نابینی‌و نازانی كە ﷲ دروستكەری ئاسمانان‌و زەویە بۆ مەبەستێكی دروست‌و راست، ئەگەر ﷲ ئارەزۆ بكات ئێوە لا ئەبات وكۆمەڵێكی تازە دەهێنێت، واتە: ﷲ خاوەن دەسەڵاتەو هەڕەشە لە خەڵكی دەكات تا خۆیان لە تاوان‌و خراپە بپارێزن تا ﷲ لەناویان نەبات‌و شەرمەندەو رنجەڕۆ نەبن .

(٢٠) خۆ ئەوە شتێكی زۆر گران نییەو بارێكی قورس نییە لەلای ﷲ . ئینجا بەرەو رۆژی دوایی وەك روداوێكی رابردو سرنجمان رائەكێشێ‌و دەفەرموێ:

(٢١) جا هەمو دەركەوتن‌و ئاشكرا بون لەپێشگای ﷲ داو كاتی بگرە بەردەو حیسابیان بۆ هاتە پێشەوە ئەوسا لاوازەكان بەگەورەو خۆبەزلزانەكانیان وت: بێگومان ئێمە لە دنیادا پەیڕەوو پاشكۆی ئێوە بوین ئایا ئێوە دەتوانن كە شتێك لەو سزایەی ﷲ لە كۆڵ ئێمە بكەنەوەو كەمێك باری ئێمە سوك بكەن؟ ئەوانیش ئەڵێن: ئەگەر خوا رێنمای ئێمەی بكردایە ئێمەش رێنمای ئێوەمان دەكرد بەڵكو هەردووكمان سەرلێ شێواو رەنجەڕۆین، جا یەكسانە بۆمان چ هاوارو دادو ناڵە بكەین چ خۆ بگرین، چونكە بۆ ئێمە هیچ پەناگاهێك نییەو رزگار نابین. تەماشا بكەن‌و بزانن كە ئەم روداوە هێشتا نەهاتوە وەكو وتمان بەڵام قورئان وای بەئێمە پیشان دا كە ئەوە بوەو روی داوە وەكو هەواڵێكی رابوردو بۆی باس كردین تا بزانین كە ئەمە ئەوەندە راستە وەكو ئەوە وایە كە رویدابێت، لەراستیدا هەمو شتێك لە زانیاری خوادا بەرلە دروست كردنی ئاسمانان‌و زەوی‌و هەموو شتەكان بوەو پەنجا هەزارساڵیش بەر لە دروست كردنی ئاسمانان‌و زەوی تۆماركراوە، جا چونكە هەندێ لە فریودەرەكانی مرۆڤ شەیتانە، ئەویش ئامادە ئەكرێت‌و هەوڵی پاكانە كردنی خۆی ئەدات،وەك دەفەرموێ:

(٢٢) کاتێك حوکم جێ بەجێ کراو کافران چونە ناو دۆزەخەوەو موسڵمانان چونە ناو بەهەشت، شەیتان بە بێ باوەڕان دەڵێ: ﷲ بەڵێنی داوە بە ئێوە بەڵێنی ڕاستو فەرموی: ئەگەر چاکە بکەنو ڕێگای ﷲ بگرنو پەیڕەوی پێغەمبەران بکەن ئەتان خەمە ناو بەهەشتەوە بەڵام ئێوە بەگوێتان نەکردو منیش بەڵێنم پێدان بەڵام ڕاستم لەگەڵدا نەکردن ومن هیچ دەسەڵاتو تواناییەکم بەسەر ئێوەدا نەبووەو هیچ بەڵگەیەکی ڕاستو دروستیشم پێ نەبوە کە ئێوەی پێ فریو بدەم، بێجگە لەوەی کەمن بانگم کردن بۆ خراپەو تاوانو ئێوەش بێ سێو دوو وەڵامتان دامەوەو بە گوێتان کردم کەواتە لۆمەی من مەکەن لۆمەی خۆتان بکەن خۆتان واتان بە خۆتان کردوە، نە من بانگی ئێوە ئەکەم نە ئێوەش بانگی من بکەن، چونکە تازە هیچ کاممان ناتوانین هیچ شتێك بکەین بۆ ئەوی ترمانو ئەبێ لەم سزایەدا بمێنینەوە، بێگومان من بێ باوەڕیشم بەوەی کەمنتان لە دنیادا کردبێ بە هاوبەش بۆ الله، بەم شێوەیە ئەو شەیتانەی کە بە ملیاردها کەس پەیڕەوی لێ کردوەو لێی دەکات لەو ڕۆژەدا ئەبێ بە دوژمنیانو بێزارە لە ڕەفتاریان بەڵام نە شەیتانو نە پەیڕەوانی بەم قسانە ڕزگاریان نابێ، چونکە ستەمکارنو بێگومانیش بۆ ستەمکاران سزای پڕ مەترسیو دەردناك هەیە، جا لە پاش ئەوەی باسی خراپانی کرد باسی چاکانیش ئەکاتو ئەفەرموێ:

(٢٣) جا ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردوە ئەخرێنە ناو بەهەشتانێکەوە کە چەندین جۆگای ئاوو شیرو شەرابو هەنگوین لە ژێر ئەو بەهەشتانەدا ئەڕواتو بۆ هەمیشە تێیدا ئەمێنێنەوە بە بڕیاری پەروەردگاری خۆیان کە چاك وچۆنی کردن لەوان لەو ڕۆژەدا سەلام کردنە، جا چ خۆیان لە نێو خۆیاندا سەلام لە یەکتر ئەکەن یان فریشتەکان سەلامیان لێ ئەکەن یان خوای گەورە سەلامیان لێ ئەکات واتە لەو شوێنەدا تەنها ئەمنو ئاسایشو قسەی بێ زیان هەیەو هیچی تر، پاش ئەم گفتو گۆیە خوای گەورە وێنەی قسەی باوەڕداران باس ئەکات لەگەڵ قسەی بێ باوەڕانداو ئەفەرموێ:

تُؤۡتِيٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينِۭ بِإِذۡنِ رَبِّهَاۗ وَيَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَالَ
لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ (٢٥) وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٖ
كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ ٱجۡتُثَّتۡ مِن فَوۡقِ ٱلۡأَرۡضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٖ
(٢٦) يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَۚ وَيَفۡعَلُ
ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ (٢٧) ۞ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ بَدَّلُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ كُفۡرٗا
وَأَحَلُّواْ قَوۡمَهُمۡ دَارَ ٱلۡبَوَارِ (٢٨) جَهَنَّمَ يَصۡلَوۡنَهَاۖ وَبِئۡسَ
ٱلۡقَرَارُ (٢٩) وَجَعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا لِّيُضِلُّواْ عَن سَبِيلِهِۦۗ قُلۡ
تَمَتَّعُواْ فَإِنَّ مَصِيرَكُمۡ إِلَى ٱلنَّارِ (٣٠) قُل لِّعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ يُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ
مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خِلَٰلٌ (٣١) ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ
بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلۡفُلۡكَ لِتَجۡرِيَ
فِي ٱلۡبَحۡرِ بِأَمۡرِهِۦۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلۡأَنۡهَٰرَ (٣٢) وَسَخَّرَ لَكُمُ
ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ دَآئِبَيۡنِۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ (٣٣)

(٢٤) ئایا تۆ نابینی کە خوا چۆن نمونە باس دەکات لە سەر چاکەو خراپە، چاکە وەکو ئەو وشە پاکەیە کە لە دەمی خاوەن باوەڕەوە دەر ئەچێت وەکو وشەی {لا اله الا الله} کە ئەو وشە پیرۆزە وەکو درەختێکی ساغو پاك وایە کە ڕیشەی بەزەویدا چوبێتە خوارەوە، وە پەلەکانیشی بەرەو ئاسمان کشابێ،

(٢٥) هەمیشە بەرهەمو میوەی خۆی بدات بە بڕیاری پەوەردگاری خۆی جا الله وێنەکان باس ئەکات بۆ خەڵك بەڵکو بیر بکەنەوەو واز لە کوفرو تاوان بهێنن، جا قسەی بێ باوەڕان باس ئەکاتو ئەفەرموێ:

(٢٦) ئەوسا وێنەی وشەی خراپ کە بریتیە لە شیرك ولادان لە فرمانی خواو پێغەمبەرەکەیو دژایەتیو قبووڵ نەکردنیانە وەکو درختێکی پیس وایە کە هەڵکێشرابێو لە سەر زەویدا دانرابێ وخۆی نەگرێت، واتە: باوەڕدار ئەو مرۆڤە بە هێزو توانایە کە ڕیشەی کوتاوە بە زەویداو هەرگیز هەڵناکەنرێتو کردارە جوانەکانی بەرەو پێشگای ﷲ سەر ئەکەوێتو هەمو ساتو کاتی خێرو فەرە بۆ

خۆی و بۆ گەل و وڵاتی بەڵام بێ باوەڕان وەك درختێکی
هەڵکێشراو وان نەك هیچ سودیان بۆ خەڵك نییە بەڵکو
خۆیشیان پێ ڕاگیر ناکرێ نە زەوی ڕازیە لەودا شین ببێ و
نە کرداری چاکی هەیە تاسەرکەوێ بۆ ئاسمان بەڵکو خواو
فریشتەکان و هەمو دروستکراوەکانی نەفرینی لێ ئەکەن
وەکو لە سورەتی (بەقەرە) دا باسکراوە. ئەمە وێنەی
ئیمەنی دنیای چاکان و خراپانە. ئینجا خوای گەورە باسی
کاتی هاتنی دوا ڕۆژیان ئەکات و ئەفەرموێ:

(٢٧) خوای گەورە ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە لە
دنیادا لە کاتی وەڵام دانەوەی فریشتەکاندا زمانیان پاراوو
بەهێز ئەکات بۆ وەڵام دانەوەیان بە هۆی ئەو وشە
جوانەوە کە (لااله الا الله محمد رسول الله)یەو باوەڕیان پێی
بووە لە ژیانی دنیادا، وە لە ڕۆژی دوایشدا ئەو وشە جوانە
ئەبێ بە هۆی ڕزگاربونیان هەم لە کێشەی گۆڕو هەم لە
سەر پردی سیرات، ئەوسا الله ستەمکاران لەهەردوو ژیاندا
گومڕاو سەرلێ شێواو ئەکات و خوای گەورە ئارەزۆی لە هەر
شتێك ببێت دەیکات و کەس ناتوانێت ڕێگای لێ بگرێت.
بەڕائی کوڕی عازیب دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: { إذا
أُقعِدَ المؤمنُ في قبرِه؛ أُتي، ثمّ شهِدَ أن لا إله إلا الله، وأنّ محمّداً
رسولُ اللهِ، فذلك قولُه: ﴿ يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا ... الآية ﴾ /متفق
عليه/ هەرکاتێ باوەڕدار لەناو گۆڕەکەیدا دانراو کەسێك
هاتە لای، لەپاشان شایەتی دا کەجگە لە الله هیچ
پەرستراوێکی ڕاستەقینەی ترنیەو محمد ﷺ پێغەمبەری
الله یە ئەوە کاتی فەرمودەکەیەتی: ﴿ يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا
... الآية ﴾ } بەڕاستی الله خاوەنی ئاسمانان و زەوی و ئەوەی
کە لە ناویدایەو هەرچی بکات لە مولکی خۆیدا ئەیکات و
کەس بۆی نیە دەست بخاتە کارو باریەوە، ئینجا الله باسی
بێ باوەڕان بەشێوەیەکی تر ئەکات، کەئەبنە مایەی شەڕو
نەگبەتی بۆ خۆیشیان و بۆ خەڵکیش هەرچەند لە دنیادا تا
گرفتار ئەبن بەقسەی زل و لاف بێ جێ خۆیان بەدڵسۆزو
خەمخۆرو مرۆڤ دۆست حیساب ئەکەن خوداو
پێغەمبەرﷺو پەیڕەوانیان بە نەفام وبێ ڕەحم و دژی
گەل و وڵات حیساب ئەکەن هەم بەکردارو هەم بە گوفتار.

(٢٨) ئایا تۆ نابینیت ئەو کەسانەی کە نیعمەتی الله کە
بریتیە لە وەرگرتن و پەیڕەوی کردنی ئاینی ئیسلام
وەلایان ناو گۆڕیبیان بە کوفرو فەساد، ئینجا بەبۆنەی ئەو
کوفرو فەسادەی ئەوانەوە الله عاجز بو لێیان و لە ناوی
بردن ئا بەو شێوەیە گەلەکەی خۆیان خستە ئەو
بەدبەختی وڕۆژ ڕەشیەوە.

(٢٩) خۆجێگایان دۆزەخەو ئەچنە ناویەوەو پیس ترین
جێگاو قەرارگایە ئەو دۆزەخە بۆیان، ئەوە سەر ئەنجامی
ستەمکاران و بێ باوەڕان و پەیڕەوو ژێر دەستەکانیانە،
ئەگەر خەیر خوایەك لەم دنیادا ئاموژگاریان بکات بەدژی
ئازادی دایدەنێن و هیچ حیسابێك ناکەن بۆماڤ ئەوگەلەی
کەبەهۆی ئەوانەوە دووچاری ئەو هەموو بەدبەختیە
دەبێت، شاعیر چاکی وتوە:
تاکەی بیرناکەی ئەی مرۆی بەدکار...بۆ خۆت و گەلت
بویتە سەگی هار... سەروەتی وڵات گشت بخەگیرفان...
ڕزگارت ناکا لەتۆڵەی یەزدان...خودا دادگەرەو دژی
ستەمکار... وات بەسەردێنێ خۆزگە خۆی لەپار.

(٣٠) جا بۆ خوا شەریکانێك دا دەنێن تا خۆیان و خەڵکیش
گومڕابکەن و لە ڕێگای الله لایان بدەن و بەو شێوەیە
دوچاری سزای دنیاو دواڕۆژیان بکەن، خواش بە
پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: پێیان بڵێ ڕابوێرن لە دنیاداو بێ
منەت بن چی دەکەن بیکەن لە خراپەوتاوان بەڕاستی
عاقیبەتتان چونە ناو ئاگری دۆزەخە، جائەمە هەرشەیە
نەك ماوەدان بەو تاوانبارانە،

(٣١) ئەی محمدﷺبڵێ: بە بەندەکانم ئەوانەی کە باوەڕیان
هێناوە کە نوێژەکانیان بەڕێك و پێکی بکەن و لەوەی کە
ئێمە پێمان داوون ببەخشن بەپەنامەکی و بەئاشکرا پێش
ئەوەی ڕۆژێك بێتە پێشەوە کە هیچ مامەڵەکردنێکی تێدا
نیە تا کابرا بتوانێ خۆی بکرێتەوە وهیچ دۆستایەتیەکیش
نیە کە بتوانێ پاڵپشتی یەکتری بن بەڵکو دۆستەکانی
دنیایی لەو ڕۆژەدا هەمویان دوژمنی یەکترن، وەکو لە
سورەتی (زوخروف)دا باس دەکرێ، بەڵێ ئەو کەسانەی کە
ئەو دوو وەسفە گرنگەیان تێدا بێت بەو شێوەی کە الله

فەرمانی پێداون ئەوانە چاکەکارانن‌و لە رۆژی دوایشدا پاش ماوەدانی خوای گەورە دۆستو پاڵپشتی یەکتری ئەکەن. جارێکی تر پەروەردگارمان هەندێك لە نیعمەتەکانی خۆی ئەخاتەوە بەر چاومان‌و ئەفەرموێ:

(٣٢) ﷲ ئەو زاتەیە کە ئاسمانان‌و زەوی دروست کردوە ولە ئاسمانەوە ئاو ئەنێرێتە خوارەوە جا بەو ئاوە لەدرەختەکان میوەو بەرووبووم دەر ئەهێنێت تا ببێتە مایەی بژیوی بۆئێوەو کەشتی گەردن کەچ‌ورام کردوەو هێزێکی وای بەئاوداوە کە ئەو کەشتیە گەورە هەڵگرێ تا لە دەریاکان بە کەیفی خۆتان هاتوچۆ بکەن لەبەر ئەوفرمانەی کە خۆی بەدەریاکانی داوە، وە روبارو جۆگاکانی گەردن کەچ کردوە بۆتان‌و بۆ هەر لایەك ئەتانەوێ ئەو ئاوە ئەبەن بەناو ئەو زەوییەدا. بەراستی ئەگەر ژیرانە بیر بکەینەوە گەورەی‌و سۆزی پەروەردگارمان بۆ دەرئەکەوێت، ئەو هەمو ئاسنە بەسەر ئەو ئاوەشلەوە کێ راگیری ئەکات؟ کامەیە ئەو هێزە بۆ بەچاو نایبینین هەر پارچەیەك لەو ئاوە بەکەیفی خۆت ئەم دیو دیوی بکە هیچ رەقیەکی تێدا نابینی ئەی چی ئەو کەشتیە گەورانە راگیر ئەکات؟ وە بە هەزاران روباری لەسەر ئەم زەوییەدا دروستکردوە تا بەئاسانی ئاوی دارو درخت‌و شیانابییەکانتانی پێ بدەن،جا ئەی مرۆڤ تاکەی واکەڕوکاسی بەسیەگومڕاهی رووکە خواناسی،

(٣٣) خۆ رۆژو مانگیشی گەردن کەچ‌و رام کردوە بۆتان کە بە هەمیشەیی ئەم هاتوچۆیە دەکەن بۆ جوان دابین کردنی ژیانتان، وە شەوو رۆژیشی گەردن کەچی کردوە بۆتان.

(٣٤) جا هەر شتێك کە ئێوە پێویستان پێی هەبێت‌و داوای بکەن یان داوا نەکەن ﷲ لەو زەویەدا پێی داوون وئەگەر نیعمەتەکانی ﷲ بژمێرن ئەوەندە زۆرە هەرگیز ناتوانن بیانژمێرن بەڵام بێگومان کە مرۆڤ بەهۆی سپڵەیی‌و کوفرانی نیعمەتەکانی ﷲ وە، زۆر ستەم لەخۆی ئەکات چونکە بێ منەتە لەو هەمو نیعمەتانەی کە ﷲ پێی بەخشیوە.

وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ ۚ وَإِن تَعُدُّوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ
لَا تُحْصُوهَآ ۗ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ﴿٣٤﴾ وَإِذْ
قَالَ إِبْرَٰهِيمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا ٱلْبَلَدَ ءَامِنًا وَٱجْنُبْنِى وَبَنِىَّ
أَن نَّعْبُدَ ٱلْأَصْنَامَ ﴿٣٥﴾ رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ ۖ
فَمَن تَبِعَنِى فَإِنَّهُۥ مِنِّى ۖ وَمَنْ عَصَانِى فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٦﴾
رَّبَّنَآ إِنِّىٓ أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِى بِوَادٍ غَيْرِ ذِى زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ
ٱلْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱجْعَلْ أَفْـِٔدَةً مِّنَ ٱلنَّاسِ
تَهْوِىٓ إِلَيْهِمْ وَٱرْزُقْهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ ﴿٣٧﴾
رَبَّنَآ إِنَّكَ تَعْلَمُ مَا نُخْفِى وَمَا نُعْلِنُ ۗ وَمَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ
فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٣٨﴾ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى وَهَبَ لِى
عَلَى ٱلْكِبَرِ إِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ ۚ إِنَّ رَبِّى لَسَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٩﴾
رَبِّ ٱجْعَلْنِى مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۚ رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ
دُعَآءِ ﴿٤٠﴾ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لِى وَلِوَٰلِدَىَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ
ٱلْحِسَابُ ﴿٤١﴾ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ
ٱلظَّٰلِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٤٢﴾

ئینجا خوا دێتە سەر باسی ئیراهیم سەلامی خوای لەسەربێ‌و پاڕانەوەکەی کاتێ کە کەعبەی پیرۆزی تەواوکردو دەفەرموێ:

(٣٥) ئەی محمدﷺوەبیریان بهێنەرەوەو باسی ئەو کاتە بکە کە ئیبراهیم وتی: ئەی پەروەردگارم ئەم شارە بکە بەشارێکی پڕ ئەمن‌و ئاسایش بۆ دانیشتوانی ومن‌و کوڕەکانم دوور بخەرەوە لەوەی کە ئەم بتانە بپەرستین .

(٣٦) پەروەردگارم بەراستی ئائەم بتانە زۆرێك لە خەڵکیان گومراکردوە، جا ئەو کەسەی کە پەیڕەوی لەمن بکات لە منە، وەئەو کەسەی کە فرمانی منی شکاند بەراستی تۆ چاو پۆشی کارو بەڕەحمیت، جا تەماشای دۆستانی خوا بکەن لێرە نەیفەرمو هەر کەسێ بەگوێ منی نەکرد سزای بدە بەڵکو فەرموی تۆ چاو پۆشیکارو بەڕەحمیت. ئینجا وتی:

(٣٧) ئەی پەوەردگارم بێگومان من بەشێك لە منداڵ‌و خێزانی خۆم کە ئیسماعیل‌و دایکێتی لە شیوێکی بێ کشتوکاڵدا کە هیچ شینابییەکی تێدا نییە لە لای ماڵە

مُهْطِعِينَ مُقْنِعِي رُءُوسِهِمْ لَا يَرْتَدُّ إِلَيْهِمْ طَرْفُهُمْ وَأَفْـِٔدَتُهُمْ
هَوَآءٌ ﴿٤٣﴾ وَأَنذِرِ ٱلنَّاسَ يَوْمَ يَأْتِيهِمُ ٱلْعَذَابُ فَيَقُولُ ٱلَّذِينَ
ظَلَمُوا۟ رَبَّنَآ أَخِّرْنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ نُّجِبْ دَعْوَتَكَ وَنَتَّبِعِ
ٱلرُّسُلَ أَوَلَمْ تَكُونُوٓا۟ أَقْسَمْتُم مِّن قَبْلُ مَا لَكُم
مِّن زَوَالٍ ﴿٤٤﴾ وَسَكَنتُمْ فِى مَسَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟
أَنفُسَهُمْ وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ وَضَرَبْنَا
لَكُمُ ٱلْأَمْثَالَ ﴿٤٥﴾ وَقَدْ مَكَرُوا۟ مَكْرَهُمْ وَعِندَ ٱللَّهِ
مَكْرُهُمْ وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ ٱلْجِبَالُ
﴿٤٦﴾ فَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِۦ رُسُلَهُۥٓ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ
ذُو ٱنتِقَامٍ ﴿٤٧﴾ يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ
وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾ وَتَرَى ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ
مُّقَرَّنِينَ فِى ٱلْأَصْفَادِ ﴿٤٩﴾ سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٍ وَتَغْشَىٰ
وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ ﴿٥٠﴾ لِيَجْزِىَ ٱللَّهُ كُلَّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ
إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٥١﴾ هَٰذَا بَلَٰغٌ لِّلنَّاسِ وَلِيُنذَرُوا۟
بِهِۦ وَلِيَعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ وَلِيَذَّكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٥٢﴾

قەدەغە كراوەكەی تۆدا جێگیرم كردوە داوا لە میهرەبانیت ئەكەم كە فەڕوو بەرەكەتی خۆت بەسەر ئەو ناوچەدا برێژیت، نەك بۆ رابواردن بەڵكو بۆ ئەوەی نوێژەكانیان بەرێك وپێكی ئەنجام بدەن، ساتۆ وابكە كە دڵی هەندێك لە خەڵك راكێشە بۆ لایانو پێ بژیویان بو دابین بفەرموە ولەبەرو بوومەكانی ئەوانیان بۆ رەوانە بكە تائەوان سودی لێ وەرگرنو زیاتر بەندایەتیت بكەنو چاكتر لە تۆ بترسن بەڵكو ئەوانیش شووكروسوپاسی تۆبكەن.

﴿٣٨﴾ ئەی پەروەردگارمان بەراستی ئەوەی كە ئێمە ئاشكرای ئەكەینو ئەوەیشی كە ئەیشارینەوە تۆ ئاگات لێی هەیە، ئاگات لە نیەتی من هەیەو مەبەستم ئەزانیتو هیچ شتێك لە ﷲ پەنهان ناكرێتو ناشارێتەوە نە لە زەویو نەلە ئاسماندا، ئەگونجێ ئەمە فەرمودەی ﷲ بێت. ئینجا ئیبراهیم سوپاسی خوا ئەكات كەلەم تەمەنە پیریەیدا ﷲ منداڵی پێ بەخشیوەو ئەڵێ:

﴿٣٩﴾ سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە لەم تەمەنە گەورەو سەردەمە پیریەمدا ئیسماعیل وئیسحاقی پێ بەخشیم بەراستی پەروەردگارم دوعای قبوڵ كردمو داوای هەمو داواكارێك وەرئەگرێت.

﴿٤٠﴾ ئەی پەوەردگارم من وا لێ بكەیت كە بەرێكو پێكی نوێژەكانم ئەنجام بدەم، وەئەی پەروەردگارمان لە نەوەكانیشم كەسانێك هەبن كە بەرێكو پێكی بەندایەتیت بۆ ئەنجام بدەنو دوعاو نزاكانمان لێوەربگرە .

﴿٤١﴾ ئەی پەروەردگارمان خۆشببە لەمنو لەباوكو دایكمو هەموو باوەڕدارانو چاوپۆشیمان لێ بكە تا لەو رۆژەدا كەكاتی حیسابو لێكۆڵینەوەیە. دوعا بۆ باوكی پێش ئەوە بووە كە خوا بەرگری لێ كردوە وەك لە سورەتی (تەوبە)دا باسكرا، ئەگونجێ خوا لە دایكی خۆش بوبێت چونكە خوا بەرگری نەكردوە لەدوعای دایكی، باوەڕدارانی راستەقینە ئەبێ وەكو ئیبراهیم عليه السلام وابن ئەو هەمو زەحمەتەی كێشاوە لە رێگای خوادا كەچی زیاتر خۆی بەبێ دەسەڵات پیشان ئەدات سەبارەت بە پەروەردگارو ئەپارێتەوە لێی كە ئەو بەندایەتیەی لێ وەرگرێت، نەك وەكو بە ناو موسڵمانی ئەمڕۆ بەدوو ركات نوێژی ناتەواو ﷲ بە قەرزاری خۆی ئەزانێو وائەزانێ ئەگەر ئەو بەندایەتی ﷲ نەكات ئیتر ﷲ پەكی ئەكەوێت؟! ئینجا خوای گەورەهەڕەشە لە ستەمكاران ئەكات كە با دڵخۆش نەبن كە ﷲ ماوەیان پێ ئەدات وزوو تۆڵەیان لێ وەرناگرێتو دڵنەوای ستەم لێ كراوانیش ئەكاتو ئەفەرموێ:

﴿٤٢﴾ جا گومان نەبەیت كە ﷲ بێ ئاگایە لەو هەمو تاوانو خراپانەی كە ستەمكاران ئەیكەنو دڵ تەنگو نا ئومێد مەبە چونكە ﷲ هەر بۆ رۆژێك دوایان ئەخات كە لە ترسا چاوەكان تێیدا هەوڵەق دەبنو تواناى چاونوقاندنیان نابێ.

﴿٤٣﴾ لە حاڵێكدا كە بەپەلە سەریان هەڵبڕیوەو چاوەڕوانی داباریني سزای (ﷲ)ـنو لە ترسا ناتوانن تەماشای خۆیان بكەنو چاویان بۆ لای خۆیان ناگەڕێتەوەو دڵیان لەو كاتەدا بۆ شەو هیچی تێدا نییە بێجگە لە ترسو دڵە ترپەو بێ ئاگابوون لە خۆ، ئینجا خوای گەورە روئەكاتە پێغەمبەرﷺو ئەفەرموێ:

(٤٤) ئەی محمد خەلکی بترسێنە لەو رۆژەی کە سزایان بۆدێتو هیچ پەنایەکیان نییە، جا ئەو کاتە زاڵمان ئەڵێن: ئەی پەروەردگارمان دوامان بخە بۆ ماوەیەکی نزیك، واتە بمانخەرەوە سەر دنیا وەڵامی بانگە وازەکەی تۆ دەدەینەوە وشوێن پێغەمبەرەکانت دەکەوین. ئینجا خوا دەم کوتیان ئەکاتو ئەفەرموێ: مەگەر ئێوە نەبوون لە دنیادا سوێنتان دەخواردو دڵی یەکترتان دەدایەوەو بە یەکتریتان دەوت: کە ئێوە هەرگیز نافەوتێنو لەناوناچنو حیسابو کتابێك لە ئارادا نیەو گوێ مەدەنە قسەی پێغەمبەران؟

(٤٥) لەحاڵێکدا کە ئێوەمان لە جێگای ئەو کەسانەدا کە ستەمیان کردبوو لەخۆیان نیشتەجێ کردبو، وە چاك لەلای ئێوە رۆشن بوو کە ئێمە لە تۆڵەی ستەمو دژایەتی پێغەمبەرکانیاندا چیمان بەسەر ئەواندا هێنابو، وە چەندین نمونەمان بۆ ئێوە باس کردبوو، کەچی ئێوە لەو هەمو شتانە کەڵکتان وەرنەگرتو ژیر نەبوون جائێستا کە فەرمانی نەمانو سزاتان بۆهاتوە داوای گەڕانەوە دەکەن؟!

(٤٦) بەراستی ئەی محمدﷺئەوان فڕو فێڵیان کرد بەو فڕوفێڵ کردنەیان دژی تۆو لەلای ﷲ یە فڕو فێڵەکانیانوبەبێ فرمانی ئەوهیچ زیانێکی نابێتو ئەو پێی دەزانێت وتۆڵەیان لێ ئەسێنێ جاتۆ دڵ تەنگ مەبەوخۆت بگرەو پەیامی خۆت رابگەیەنەو باکت نەبێت ئەگەر چی فڕو فێڵی ئەوان زۆر توند بوو بەڵام ناتوانێت چیاکان کەئیسلامو پەیڕەوانیەتی لە ناوببات، واتە: ئەوان هەر لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە بۆ ئەوەی پێغەمبەرو موسڵمانان لەبەین ببەن ئەو هەموو فڕوفێڵەیان کرد ئەوەبو لەسەردەمی کۆچکردنی یارەکانی پێغەمبەرﷺدا بۆ (مەدینە) تەنانەت قورەیشەکان ویستیان کە پێغەمبەرﷺبکوژنو دە کەسی کوڕی گەنجیان بۆ ئەو مەبەستە دانا بەڵام خوای گەورە پێغەمبەروﷺیارە بەڕێزەکەی (ابوبکرالصدیق) رزگار کردو فڕو فێڵەکەی ئەوانی پوچەڵ کردەوەو، جارێکی تر خوای زاناو دانا دڵنەوایی پێغەمبەرمان ﷺئەکاتو ئەفەرموێ:

(٤٧) ئەی محمدﷺوە ئەی ئەوانەی کە بەراستی لە گەڵ قورئان دانو دەیخوێننەوە گومان نەکەن کە خوای گەورە پێچەوانەی ئەوبەڵێنەی خۆی کە داوێتی بە پێغەمبەرەکانی بکات بێگومان کە ﷲ زۆر بەهێزەو لە تاوانبارانو بێ باوەڕان تۆڵەسێنە، جا نائومێد مەبەو دڵنیابە کە تاوانبار هەرگیز لەدەست تۆڵەی ﷲ رزگاری نابێ بەڵام ژیانی دنیا زۆر کەمەو جێگای وەرگرتنی هەموو تۆڵەکان نیە،

(٤٨) بەلکو جێگای تۆڵە ئەو رۆژەیە کەئەم زەوییە ئەگۆڕێت بە زەوییەکی ترو ئاسمانەکانیش دەپێچرێنەوەو هەمویان ئامادەو ئاشکرائەبن لە بەردەم ﷲ ی تەنهاو بەتوانادا. وەئەفەرموێ: کێ خاوەنی مولکە؟ کەس توانای وەڵام دانەوەی نیەو خۆی ئەفەرموێ: مالیکی ئەمڕۆ تەنها خوای تاكو بە توانایە، لەپێغەمبەری خواﷺپرسیار کرا کەکاتێ ئەم زەوییە ئەگۆڕێ بەزەوییەکی تر خەڵك لەکوێدا دەبن؟ فەرموی:{ هُمْ عَلَى الصِّرَاطِ/مسلم/ ئەوان لەسەر پردی سیرات دا دەبن}جا ئالەم رۆژەدایە کە ستەمکاران قەپ ئەکەن بەدەست خۆیانداو پەشیمانن لەوەی کە کردویانە بەڵام تازە پەشیمان بونەوە سودێکیان پێنادات‌و ئەبێ لێکۆڵینەوەی هەمو تاوانەکانیان لەگەڵ دا بکرێتو لە پاشدا کۆتو زەنجیر بکرێنو بەرەو دۆزەخ بەڕێ بکرێن وەکو لێرەدا نمونەیەکی ئەو کۆتو زنجیرەمان بۆ باس ئەکاتو ئەفەرموێت:

(٤٩) ئەی محمدﷺوەئەی بینەر تۆ ئەبینی تاوانباران لەو رۆژەدا هەمویان سەرو ملیان بەیەکەوە بەستراوەو زنجیرکراونو هەمو هاو وێنەکان بەیەکەوە بەسراوون.

(٥٠) لیباسەکانیان بریتیە لە مسی تواوەو داغ کراوی ناو ئاگری دۆزەخو رەشە ودەم وچاویان ئاگر دای پۆشیوە. ئائەمە بەشێکە لە سزای ئەو موجرم تاوانبارانەی کە لە دونیادا گاڵتە بەپێغەمبەران ئەکەن.

(٥١) تا خوا پاداشتی هەمو کەسێك بداتەوە لە سەر ئەو نیشانەی کە لە دنیادا کردویانە بێگومان کە ﷲ زۆر

سُورَةُ الحِجرِ ١٥ ٩٩

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

الٓر تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ وَقُرْءَانٍ مُّبِينٍ ﴿١﴾ رُّبَمَا يَوَدُّ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْ كَانُوا۟ مُسْلِمِينَ ﴿٢﴾ ذَرْهُمْ يَأْكُلُوا۟
وَيَتَمَتَّعُوا۟ وَيُلْهِهِمُ ٱلْأَمَلُ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ وَمَآ أَهْلَكْنَا
مِن قَرْيَةٍ إِلَّا وَلَهَا كِتَابٌ مَّعْلُومٌ ﴿٤﴾ مَّا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ
أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَـْٔخِرُونَ ﴿٥﴾ وَقَالُوا۟ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِى نُزِّلَ عَلَيْهِ
ٱلذِّكْرُ إِنَّكَ لَمَجْنُونٌ ﴿٦﴾ لَّوْ مَا تَأْتِينَا بِٱلْمَلَٰٓئِكَةِ إِن كُنتَ
مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٧﴾ مَا نُنَزِّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَمَا كَانُوٓا۟
إِذًا مُّنظَرِينَ ﴿٨﴾ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾
وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِى شِيَعِ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٠﴾ وَمَا يَأْتِيهِم مِّن
رَّسُولٍ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿١١﴾ كَذَٰلِكَ نَسْلُكُهُۥ فِى
قُلُوبِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٢﴾ لَا يُؤْمِنُونَ بِهِۦ وَقَدْ خَلَتْ سُنَّةُ ٱلْأَوَّلِينَ
﴿١٣﴾ وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَظَلُّوا۟ فِيهِ يَعْرُجُونَ
﴿١٤﴾ لَقَالُوٓا۟ إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَٰرُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ ﴿١٥﴾

بەپەلەیە لە لێکۆڵینەوەو محاسبە کردندا، چونکە خۆی هەمو شت ئەزانیێو هەمو کەسێکیش خۆی ئەزانێت کەچی کردوە چونکە پێشتر نامەی کرداری خۆی پێدراوە،

(٥٢) ئا ئەم قورئانە راگەیەنراوێکە بۆ خەڵك تا باش بیر لە رابوردوان بکەنەوەو بزانن گەلانی پێش خۆیان چۆن جوڵانەوەو چییان بەسەرهات تابەم شێوەیە بترسێنرێن بەم قورئانەو بزانن هیچ پرستراوێکی راستەقینە بێجگە لە ئەو زاتە کە پەرستراوێکی تەنهایە نیەو تا خاوەن عەقڵەکان بیر بکەنەوەو سودی تەواو لەم قورئانە وەربگرن.

سورەتی حیجر ١٥ ٩٩

سورەتی حیجر کە سورەتی پانزەهەمی قورئانە، سورەتێکی مەکیە، نەوەدو نۆ ئایەتەو، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی پەنجاوچوارەمەو پاش سورەتی (یوسف)و پێش (الأنعام) دابەزیوە. لە ئایەتەکانی کۆتای سورەتی پێشو کە سورەتی ئیبراهیمە سەلامی خوای لێبێت باس لە حاڵو بارودۆخی بێ باوەڕان کرا لە ناو ئاگری دۆزەخدا، جا لە سەرەتای ئەم سورەتەدا باس لەوە دەکات کە ئەو بێ باوەڕانە کە لەو حاڵو وەزعەدان کاتێك دەبینن کە باوەڕدارە تاوانبارەکان پاش چەشتنی سزای تاوانەکانیان دەچنە ناو بەهەشت ئاوات دەخوازن کە ئەی کاش ئیمانیان بهێنایا، ئەم سورەتە زۆرتر لەبارەی سێ شتی سەرەکی بیرو باوەڕەوە ئەدوێ: پەروەردگارو پێغەمبەرانو رۆژی دوای، لەم سورەتەدا باس کراوە لە گەلی "سەمود" کە گەلی پێغەمبەر صاڵح بون ئەم گەلە لە "حیجر"دا کە شوێنێکە لە نێوان مەدینەو شامدا ژیانیان دەبردە سەر پاشان توشی سزای پەروەردگار بون، جا بۆیە ئەم سورەتەش بە سورەتی ﴿الحجر﴾ ناسراوە. وشەی ﴿ رُّبَمَا ﴾ لە قورئاندا تەنها لەم سورەتەدا هاتوە جا بۆیە ئەم سورەتە بە سورەتی ﴿ رُّبَمَا ﴾ یش ناو براوە.

بەناوی الله ی زۆر بە سۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەلیف، لام، را، ئەوەی کە بۆ تۆ خوێندرایەوەو باس کرا چەند ئایەتێکە لەم پەڕاوە بەنرخە ولەم خوێنراوە رۆشن کەرەوەی هەمو حەقو ناحەقێك.

(٢) هیچ دور نییە ئەوانەی کەکافرن ئاواتە خواز بنو رۆژێ بێ کە بڵێن: ئای خۆزگە ئێمە موسڵمان بوینایە، واتە: کاتێ کەقیامەت هات وەیان کاتێك کە باوەڕداران لە سزای دۆزەخ رزگاریان دەبێت هەمو کافرو بێ باوەڕان ئاواتی موسڵمانیەتی دەخوازن، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {إذَا اجتَمَعَ أهلُ النَّارِ في النَّارِ وَمَعَهُم مَن شَاءَ اللهُ مِن أهلِ القِبلَةِ يَقُولُ الكُفَّارُ أَلَمْ تَكُونُوا مُسْلِمِينَ؟ قَالُوا بَلَى، قَالُوا فَمَا أَغْنَى عَنكُمْ إسْلَامُكُم وَقَد صِرْتُمْ مَعَنَا فِي النَّارِ قَالُوا كَانَتْ لَنَا ذُنُوبٌ فَأُخِذْنَا بِهَا فَيَسْمَعُ مَا قَالُوا فَأَمَرَ بِمَنْ كَانَ مِنْ أَهلِ الْقِبْلَةِ فَأُخْرِجُوا فَلَمَّا رَأَى ذَلِكَ أَهلُ النَّارِ قَالُوا يَا لَيْتَنَا كُنَّا مُسْلِمِينَ فَنُخْرِجُ كَمَا خَرَجُوا قَالَ وَقَرَأَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ﴿ الٓر تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ..الی قوله.. لَوْ كَانُوا۟ مُسْلِمِينَ ﴿٢﴾ ﴾ /الطبراني، صححه الالباني/ واتە: کاتێك کە هەمو دۆزەخییان لەناو ئاگری دۆزەخ دا کۆ دەبنەوەو لەگەڵ ئەوانیش دا هەندێك موسڵمانی تاوانبار هەیە کە الله ویستی لە سەر بووە کە بیبیانخاتە ناو دۆزەخەوە، جا بێ باوەڕان بەو موسڵمانانەی کە ئیستا لەگەڵ ئەواندان لە دۆزەخ دا دەڵێن: ئایا ئێوە باوەڕدار نەبوون؟ دەڵێن: بەڵێ

وایە باوەڕدار بووین، جا بێباوەڕانیش پێیان دەڵێن: جا ئیسلامەکەی ئێوە چ سودێکی پێگەیاندن لەحاڵێکدا کە ئێوەش لە گەڵ ئێمە دان لەناو ئاگردا؟ ئەوانیش دەڵێن: ئێمە خۆمان تاوانمان هەبو جا بەو هۆیەوە تۆڵەمان لێوەرگیرا ئینجا پەروەردگار ئەو وتو وێژە دەبیسێت، جا فرمان دەدات ئەوەی کە باوەڕدارەو ئەهلی قیبلەیە لەناو ئاگر دەر بهێنرێن ئەوسا ئەوان دەردەهێنرێن، جا ئەو کاتە کە دۆزەخیان ئەمە دەبینن دەڵێن: ئای خۆزگە ئێمەش موسڵمان بوینایە، پاشان پێغەمبەرﷺ ئەم ئایەتانەی سەرەتای سورەتی حیجری خوێندنەوە} بەڵێ جا ئەوان ئا لەو کاتەدا پەشیمان دەبنەوە،

(٣) جا وازیان لێ بهێنە با بخۆن وبا رابوێرن با ئاوات وئارەزۆکانیان مەشغوڵیان بکات لەرێگای راستوبەندایەتی الله لەمەولا دەزانن چیان بەسەردێتودوچار چ سزایەك دەبن، ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندە بۆ کافرانو خوانەناسان، ئەبێ بزانن کە نازو نیعمەتو پلەو پایەی دنیای هیچ نرخێکی نیە لەلای الله بەڵکو الله بێ باوەڕان بە نازو نیعمەتو پلەو پایەوە خەریك ئەکات تا ئەو کاتەی کەکاتی دیاری کراوی خۆیان دێ، جا مرۆڤی ژیرو دانا ئەبێ لەم ماوە پێدانەی پەوەردگاری سود وەرگرێتو تێشوی دوا رۆژی خۆی ئامادە بکات، جا ئەگەر تاوان باران بەزووی لەناونابرێن لەبەر رێزو دەسەڵاتیان نیە بەڵکو لەبەر نەهاتنی کاتی دیاری خۆیانە، وەك خوای گەورە ئەفەرموێ:

(٤) خۆ ئێمە هیچ وڵاتێکمان لەسەر تاوانباریو ستەم لە ناونەبردوە مەگەر ئەو کاتە دیاری کراوەی کە بۆی دانراوە هاتبێ، واتە:بۆ کاتی نەمانی هەر گەلو پێڕو تاقمێك کاتێکی دیاری کراو هەیە بەهیچ شتێك لەناو ناچێت تا ئەوکاتە تەواو نەبێ، وەکو لێرەدا دوبارە رۆشن تر ئەفەرموێ:

(٥) هیچ گەلێك ناتوانێت ماوەو ئەجەلی خۆی پێش بخێت وەناشتوانێت دوای بخێت واتە: کاتی دیاری کراو بە هیچ کەس پاشو پێش ناکرێت:

(٦) وە بێ باوەڕان بە گاڵتە پێ کردنەوە وتیان: ئەی ئەو کەسەی کە قورئانت بۆ هاتوە بێگومان تۆ شێتیت، چونکە ئەوان ئەو قورئانەیان بەراست دانەئەنا ئەوەتە ئەڵێن: ئەگەر تۆشیت نیت،

(٧) دەبا تۆ فریشتانێکت لەگەڵ خۆتدا بهێنایە بۆ لای ئێمە ئەگەر تۆ لە راستگۆیانیت، واتە: درۆ ئەکەیتو باوەڕت پێ ناکەین چونکە فریشتەت لەگەڵدا نیە، جا خوای گەورە دەمکوتیان ئەکات وئەفەرموێ:

(٨) ئێمە فریشتەکان نانێرین بۆ سەر زەوی مەگەر بۆ مەبەستێکی راست وەکو ناردنی پەیام یان سزادانی گەلان، جا ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە راستەیش ناردمانو بڕیاری سزاو لە ناوچونیانماندا ئیتر تازە بەو گەلە ماوەی گەڕانەوەو تەوبە کردنیان پێ نادرێتو لە ناو ئەبرێن، ئینجا خوای گەورە بەرپەرچی ئەو بێ باوەڕانەی کە ئەم قورئانەیان بەلاوە کەم زیاد تێدا کراوە ئەداتەوەو ئەفەرموێ:

(٩) بێگومان ئێمە ئەو قورئانەمان رەوانە کردوەو چاودێریشی ئەکەین لەهەمو کەمو کوڕیوگۆڕانێك. بەڵێ بەراستی بەڵێنی خوا راستەو لەگەڵ ئەو دوژمنە سەرسەختانەی ئیسلامو قورئاندا نەیانتوانیوەو ناشتوانن هیچ زیادەو کەمییەك لەو قورئانەدا بکەنو هەرکەسێکیش پێی وابێ کە کەمو زیادی تێداکراوە کافرو بێ باوەڕە بەم قور ئانە، جا خوای گەورە دڵنەوایی پێغەمبەرمانﷺ ئەکاتو ئەفەرموێ:

(١٠) بەراستی لە ناو ئوممەتانی پێش تۆدا پێغەمبەرانمان رەوانە کردوە، واتە: تەنها تۆ نیت کە ئێشو ئازارەت بەسەردا هاتبێت بەڵکو،

(١١) نەهاتوە بۆئەوان هیچ پێغەمبەرێك مەگەر ئەوان بەچاوی سوك تەماشایان کردبێتو گاڵتەیان پێ کردبێت، جا تۆش هەروەكو ئەوانیتو نارەحەت مەبە.

(١٢) هەر ئاوا لەبەر لاساری خۆیان ئێمە کوفرو بت پەرستی ئەخەینە ناو دڵی ستەمکارانەوەو

وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّٰهَا لِلنَّٰظِرِينَ ﴿١٦﴾
وَحَفِظْنَٰهَا مِن كُلِّ شَيْطَٰنٍ رَّجِيمٍ ﴿١٧﴾ إِلَّا مَنِ ٱسْتَرَقَ ٱلسَّمْعَ
فَأَتْبَعَهُۥ شِهَابٌ مُّبِينٌ ﴿١٨﴾ وَٱلْأَرْضَ مَدَدْنَٰهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا
رَوَٰسِيَ وَأَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ ﴿١٩﴾ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا
مَعَٰيِشَ وَمَن لَّسْتُمْ لَهُۥ بِرَٰزِقِينَ ﴿٢٠﴾ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا
خَزَآئِنُهُۥ وَمَا نُنَزِّلُهُۥٓ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴿٢١﴾ وَأَرْسَلْنَا ٱلرِّيَٰحَ
لَوَٰقِحَ فَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَسْقَيْنَٰكُمُوهُ وَمَآ أَنتُمْ لَهُۥ
بِخَٰزِنِينَ ﴿٢٢﴾ وَإِنَّا لَنَحْنُ نُحْيِۦ وَنُمِيتُ وَنَحْنُ ٱلْوَٰرِثُونَ ﴿٢٣﴾
وَلَقَدْ عَلِمْنَا ٱلْمُسْتَقْدِمِينَ مِنكُمْ وَلَقَدْ عَلِمْنَا ٱلْمُسْتَـْٔخِرِينَ ﴿٢٤﴾
وَإِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَحْشُرُهُمْ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥﴾ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ
مِن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٦﴾ وَٱلْجَآنَّ خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ
ٱلسَّمُومِ ﴿٢٧﴾ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن
صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٨﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن
رُّوحِي فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٢٩﴾ فَسَجَدَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمْ
أَجْمَعُونَ ﴿٣٠﴾ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰٓ أَن يَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٣١﴾

﴿١٣﴾ ئیتر ئەوانیش باوەڕ ناهێنن بەم قورئانەی کەرەوانەمان کردوتە لای تۆو هەر رۆژێك بەشێوەیەك رەخنەی لێ دەگرن بەراستی رەوشتی الله بۆ لەناوبردنی تاوانباران‌و کافران دامەزراوەو ناگۆڕێت،واتە: ئەمانەش بەهۆی خراپی‌و کوفرو بت پەرستیانەوە زۆر نزیکن لە سزای ئێمەوە.

﴿١٤﴾ جا ئەمانە ئەوەند بێ باوەڕن ئەگەر ئێمە لە ئاسمانەوە دەرگایەکیان بۆ بکەینەوەو سەرکەون بۆ ئاسمانگ، لە باتی باوەڕهێنان،

﴿١٥﴾ بەراستی دەڵێن :چاوی ئێمە تێك چوەو نابینێ ئەگینا ناگونجێت ئێمە سەر ئاسمانگ بکەوین‌و هەرگیز باوەڕمان بەو سەرکەوتنە نییە بەڵکو ئێمە جادومان لێ کراوە. واتە بێ باوەڕان ئەوەندە سەر لێ شێواون ئەگەر دەیان بەڵگەی راست‌و رەوانیان پیشان بدرێت لەگومڕاهی‌و سەر لێ شێواوی خۆیان واز ناهێنن‌و تەنها خۆیان بەلاوە راستەوجگە لەخۆیانیان بەلاوە هەڵەو نادروستە، جا ئەی پەیڕەوانی محمدﷺ ئەرکی ئێوە گەیاندنی ئەم پەیامەیە بەخەڵك‌و کۆڵ نەدان‌و نەبەزینە ئیتر چۆن رەفتارتان لەگەڵ دا ئەکەرێت نائومێدو دڵ تەنگ مەبن‌و تەماشای دەسەڵات‌و هێزی ئێمە بکەن لەگەڵ ئەوەشدا پەلە ناکەین لە تۆڵەسەندنەوە لە تاوانباران‌و بێ باوەڕان چونکە هەرچی بکەن هەردێنەوە بەردەستمان، ئینجا الله هەندێ لە بەڵگەی دەسەڵات‌و هێزو یەکتایی خۆی پیشان ئەدات‌و ئەفەرموێ:

﴿١٦﴾ ئەوسا بەراستی ئێمە لە ئاسماندا چەندین کۆشك ومەنزڵمان داناوە وجوان‌و رازاوەمان کردوە بۆ تەماشا چیان،

جا ﴿بُرُوجًا﴾ ج ئەو دوانزە بورجەبێ کەبە (حمل، ثور، جوزاء، سرطان، اسد، سنبلة، میزان، عقرب، قوس، جدی، دلو، حوت) ناو ئەبرێن یان قۆناغەکانی رۆژو مانگ یان جێگای ئەستێرەکان یان ئەمانەو هەزاران شتی نەناسرای تر بێت، الله ئەم ئاسمانەی ئێمەی پێ رازاندوەتەوەو دەفەرموێ:

﴿١٧﴾ ئێمە ئەو ئاسمانە مان پاراستوە لە هەمو شەیتانێکی دەرکراو لە رەحمەتی وسۆز الله.

﴿١٨﴾ مەگەر ئەو شەیتانانە کە بەدزیەوە شتێك وەرئەگرن لە مەئمورەکانی ئاسمان ئەوانیش بەگورجی پارچە ئاگری ئاشکرا دوایان ئەکەوێت‌و ئەیانفرێنێت، واتە: پاش هاتنی پێغەمبەری ئیسلام ﷺشەیتانەکان رێگەی ئاسمانیان لێ گیراو ناتوانن سەرکەون‌و قسەو باسی فریشتەکان بزانن تەنها ماوەی گوێ گرتنیان پێ دراوە ئەویش لەبەر ئەو مەبەستەی کەالله هەرخۆی ئەیزانێت‌و خەڵکیشی پێ تاقی ئەکاتەوە چونکە ئەوانە قسەیەکی راست ئەبیسن ئەوەدو نۆ درۆیشی تێکەڵ ئەکەن‌و ئەیدەن بەگوێ جادو کەران‌و پێش بینی کەراندا، جا خەڵك کە دی قسەیەکی ئەوانە راست دەرچو دوایان ئەکەون باوەڕیان پێ ئەکەن، ئینجاپاش ئاسمان خوای گەورە باسی زەوی دەکات‌و ئەفەرموێ:

﴿١٩﴾ خۆ ئێمە زەویشمان پان کردوەتەوە ودامانخستوە، وە لەناویدا چەندین چیایی بتەوو بەهێزمان داناوە بۆ بتەو کردنی زەوی‌و سەوزمان کردو رواندمان لە ناویدا هەمو

شتێك بەئەندازەی دیاری كراو یان هەمو شتێكی كێشراو نەكێشراو.

(٢٠) جا ئێمە دامان نا بۆ ئێوە لەو زەوییەدا ئەو شتانەی كە پێ بژێویتانە لە خۆراكو لەپۆشاكو بۆ هیچ شتێك دانامێننو رۆزیشمان داناوە بۆ ئەوانەش كە ئێوە ناتوانن رۆزییان پێ بدەن لەوهەمو دروستكراوە گەورەو بچوكەمان كە هەر خۆمان ژمارەو شوێنی هەمویان ئەزانین، ئینجا دەفەرموێ:

(٢١) وە هیچ شتێك نیە لەم بونەوەرەدا مەگەر عەماری دابین كردنی ژیانی لای ئێمەیەو خۆمان چاودێری ئەكەین وئەو رۆزیەش رەوانەی ناكەین مەگەر بەئەندازەی دیاری كراو، واتە: دەرگای عەمارو خەزێنەی خوا بەئەندازەی دیاری كراوو بەگوێرەی بەرنامەیەك كە الله داینـاوە ئاوەها دێتە سەر زەویو كەس پێی زیادو كەم ناكرێت، هەر بۆیە موسڵمانی چاك نەك وەكو ئێمە زۆر ئارامەو ئیرەیی بەكەس ناباتو هاواری كەمو زۆری خۆی ناكات چونكە ئەزانێ هەر ئەوەندە چاكە بۆی.

(٢٢) جا ئێمە بامان رەوانە كردوە بۆ بەردار كردنی زۆربەی درختەكانو هەورو هەمو دروستكراوەكانی تری خوا چونكە هیچی بێ هەوا سودی نابێ تەنانەت هاتو چۆی ئەو هەمو كەشتیو فرۆكە جۆراو جۆرانە كە ئەگەر هەوا نەبێ هەموی لە جێگای خۆیدا ئەمرێتو ئەپوكێتەوەو توانای جوڵەی نابێت بەڵكو ئەگەر هەوانە بێت هیچ گیان لەبەرورۆكێك نامێنێت، جا چونكە شتێكی پێویستە پەروەردگار نەیخستوەتە دەست كەسو بۆكەسیش نییە كە ئەو هەوایە پیس بكات چونكە هەمویان تێیدا هاوبەشن جا ئاومان لە ئاسمانەوە بۆرەوانە كردن ئەوسا ئاومان پێدانو بەراستی ئێوە ناتوانن ئەو ئاوە هەڵ بگرنو عەمباری بكەن بەڵكو الله خۆی زەوی وادروست كردوە كە ئەو ئاوە هەڵگرێتو بەشێوەی كانی ئاوو روبارو بیرو دەریا دایبنێت بۆمرۆڤ تاسودی لێ وەرگرێت.

(٢٣) جا بێگومان هەر ئێمەین كە زیندو ئەكەینەوەو ئەمرێنینو هەر ئێمەشین كە ئەمێنینەوەو سەر ئەنجام هەمو شتەكان دەگەرێنەوە لامانو دەبنەوە بەموڵكی تایبەتی ئێمەو هیچ كەس بەخاوەنی هیچ شتێك نامێنێتەوەو هەمویان بەگەردن كەچی لەبەردەم ئێمەدا ئامادە دەكرێن.

(٢٤) ئەوسا ئێمە ئاگاداری ئەو كەسانەین كە پێش كەوتون لە ئێوە لە ژیاندا چ لە پلەو مەقامدا چ لە چاكەو بەندایەتی داو چ لە ریزی نوێژو جیهاددا، هەروەها ئێمە ئاگاداری ئەو كەسانەیشین كە دواكەوتوون لەو شتانەی كە باس كران. ئیبنوعەباس دەڵی: ﴿ كَانَتْ امْرَأَةٌ تُصَلِّي خَلْفَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ حَسْنَاءَ مِنْ أَحْسَنِ النَّاسِ فَكَانَ بَعْضُ الْقَوْمِ يَتَقَدَّمُ حَتَّى يَكُونَ فِي الصَّفِّ الْأَوَّلِ لِئَلَّا يَرَاهَا وَيَسْتَأْخِرُ بَعْضُهُمْ حَتَّى يَكُونَ فِي الصَّفِّ الْمُؤَخَّرِ فَإِذَا رَكَعَ نَظَرَ مِنْ تَحْتِ إِبْطَيْهِ فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنْكُمْ وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَأْخِرِينَ / ابن ماجه، النسائي، صححه الألباني/ ئافرەتێكی جوان كە لە جوانترین ئافرەتان بو لە پشتی پێغەمبەرەوە ﷺ نوێژی دەخوێند، جا هەندێ لە خەڵك پێش دەكەوتن تا لە ریزی پێشدا بنو ئەو ئافرەتە نەبیننو هەندێكیش خۆیان پاش دەخست تاكو لە ریزی پاشدا بن جا كاتێك دەچون بە ركوعدا لە بن باڵیانەوە دەیانرِوانی، جا خوا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە كە دەفەرموێ: ئەوسا بێگومان ئێمە ئاگاداری ئەو كەسانەین كە پێش كەوتونو ئاگادارین لەوانەیش كەدواكەوتوون﴾.

(٢٥) خۆ بێگومان هەر پەروەردگارتە كە ئەوان كۆ ئەكاتەوە بۆ لێكۆڵینەوەو پاداشو سزا ، وە بێگومان دانایەو ئیشەكانی پڕ لە دانایيو حیكمەتەو زانیاری بەسەر هەمو شتێكدا هەیەو كارەكانی لەسەر بناغەی دانایيو زانایيە نەك گۆترەكاری. ئینجا الله باسی دروستكردنی مرۆڤمان بۆ دەكاتو دەفەرموێ:

(٢٦) بەراستی مرۆڤمان لە وشكۆبوی قورێكی گۆڕاو دروست كردوە. دروستكردنی بنیام بەم قۆناغانەدا رۆیشتوە پێشەكی خاك پاشان قورئینجا قوری گۆڕاو،جا ترشاو ئەوسا وشكۆبو وبرژاو بەگەرما یان بەئاگر ئینجا گیانی تێكراوە، والله اعلم. ئینجا ئەفەرموێ:

(٢٧) ئەوسا جنۆكەیشمان دروست كرد لەپێش مرۆڤدا لە ئاگرێكی بێ دوكەڵ. ئیمامی مسلم لەئەنەسەوە هێناویەتی

قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا لَكَ أَلَّا تَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ لَمۡ أَكُن
لِّأَسۡجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقۡتَهُۥ مِن صَلۡصَٰلٍ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ ﴿٣٣﴾ قَالَ
فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ﴿٣٤﴾ وَإِنَّ عَلَيۡكَ ٱللَّعۡنَةَ إِلَىٰ يَوۡمِ
ٱلدِّينِ ﴿٣٥﴾ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴿٣٦﴾ قَالَ فَإِنَّكَ
مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ﴿٣٧﴾ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ ﴿٣٨﴾ قَالَ رَبِّ بِمَآ
أَغۡوَيۡتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٣٩﴾
إِلَّا عِبَادَكَ مِنۡهُمُ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٤٠﴾ قَالَ هَٰذَا صِرَٰطٌ عَلَيَّ
مُسۡتَقِيمٌ ﴿٤١﴾ إِنَّ عِبَادِي لَيۡسَ لَكَ عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٌ إِلَّا مَنِ
ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ﴿٤٢﴾ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوۡعِدُهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٤٣﴾
لَهَا سَبۡعَةُ أَبۡوَٰبٖ لِّكُلِّ بَابٖ مِّنۡهُمۡ جُزۡءٞ مَّقۡسُومٌ ﴿٤٤﴾ إِنَّ
ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٍ ﴿٤٥﴾ ٱدۡخُلُوهَا بِسَلَٰمٍ ءَامِنِينَ ﴿٤٦﴾
وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلٍّ إِخۡوَٰنًا عَلَىٰ سُرُرٖ مُّتَقَٰبِلِينَ
﴿٤٧﴾ لَا يَمَسُّهُمۡ فِيهَا نَصَبٞ وَمَا هُم مِّنۡهَا بِمُخۡرَجِينَ ﴿٤٨﴾
۞ نَبِّئۡ عِبَادِيٓ أَنِّيٓ أَنَا ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٩﴾ وَأَنَّ عَذَابِي
هُوَ ٱلۡعَذَابُ ٱلۡأَلِيمُ ﴿٥٠﴾ وَنَبِّئۡهُمۡ عَن ضَيۡفِ إِبۡرَٰهِيمَ ﴿٥١﴾

کەپێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی: { لَمَّا صَوَّرَ اللَّهُ آدَمَ فِي الْجَنَّةِ تَرَكَهُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَتْرُكَهُ فَجَعَلَ إِبْلِيسُ يُطِيفُ بِهِ يَنْظُرُ مَا هُوَ فَلَمَّا رَآهُ أَجْوَفَ عَرَفَ أَنَّهُ خُلِقَ خَلْقًا لَا يَتَمَالَكُ /کاتێ کە الله لە بەهەشتدا وێنەی ئادەمی کێشاوبەو ئەندازەیەی کەویستی وازی لێهێنا،جا شەیتا ئەسورا بەدەوریاو تەماشای ئەکرد تابزانێت ئەوە چییە جا کاتێ دی کە ناوی بۆشە، زانی کە ئەوە دروستکراوێکە کە خۆی پێ راگیرناکرێت}

﴿٢٨﴾ جابیر بکەرەوەو باس بکە بۆ گەلەکەت ئەی محمدﷺ ئەو کاتەی کە پەروەردگارت بەفریشتەکانی وت: من ئەمەوێت مرۆڤێك دروست بکەم لە گڵی وشك کراوەی قورێکی گۆڕاو.

﴿٢٩﴾ جا هەرکاتێ رێك وپێکم کردو لەو رۆحەی کەخۆم ئەزانم چییەو چۆنە بەوم بەخشیو گیانی تێکەوت ئێوەش رێزی بگرنو سەری رێزو گەورەی بۆ نەوی کەن، جا خوا گیانی تێ کرد وەکو مرۆڤێکی ئەمرۆیی.

﴿٣٠﴾ جا لەوکاتەدا هەمو فریشتەکان سوجدیان بۆ بردو فرمانی پەروەردگاری خۆیان ئەنجامدا،

﴿٣١﴾ بێجگە لە شەیتان کە خۆی نەخستەناو سوجدە بەرانەوەو سوجدەی نەبرد.

﴿٣٢﴾ اللهُ فەرموێ: ئەی شەیتان بۆ تۆیش لەگەڵ ئەواندا سوجدەت نەبرد؟

﴿٣٣﴾ شەیتان وتی: من سوجدە نابەم بۆ مرۆڤێك کە تۆ لە وشکۆ بوی قورێکی گۆڕاو بۆگەن دروستت کردوە، خۆی بەگەورە زانیو گوێرایەڵی فرمانی خوای نەکرد.

﴿٣٤﴾ اللهُ یش فەرموی: دەرچوە لە ناو ئەو باخو بەهەشتەدا بێگومان کەتۆ دەرکراوی لە رەحمەتی من.

﴿٣٥﴾ ئەوسا بێگومان کە تۆ بەر نەفرین کەوتویت هەتا رۆژی لێکۆڵینەوەو حیساب.

﴿٣٦﴾ شەیتان وتی: ئەی پەروەردگارم ماوەم پێ بدە هەتا ئەو رۆژەی کە زیندەوەران زیندوو دەکەیتەوە. دەی ویست بەم شێوەیە خۆی لەمردن رزگار بکات، چونکە دوای زیندوبونەوە تازە مردن نییە کە مردنیش نەبو حیساب نیە، بەڵام ئەگونجێت فێڵ لە خوا بکرێت؟ نەخێر ئەوەتە خوای زاناو دانا،

﴿٣٧﴾ فەرموی تۆ یەکێکی لەوانەی کەماوەیان پێ ئەدرێت بەڵام نەك ماوەکەبەدەست تۆبێت بەڵکوئەوماوەبەدەست ئێمەیە.

﴿٣٨﴾ هەتا کاتی رۆژی دیاری کراوە کە ئەویش پێش هاتنی قیامەتو کاول بوونی دنیایە.

﴿٣٩﴾ شەیتان وتی: ئەی پەروەردگارم بەهۆی ئەوەی کە لەسەر ئەوان سەرت لێ شێواندمو گومڕاهت کردم بەراستی من ژیانی ناو زەوییان بۆ جوان دەکەم وبەزیندەگیو ژیانی دنیاوە خەریکیان ئەکەم وهەمویان گومڕاو سەرلێ شێواو دەکەمو لە رێگای راست لایان دەدەم،

﴿٤٠﴾ بێجگە لەو بەندانەت کە زۆر پاکو دڵسۆزبن بۆ بەندایەتیتو هەڵبژاردە بن من چاری ئەوانە ناکەمو

ناتوانم بیانخەڵەتێنم‌و سەریان لێ تێك بدەم. جا الله هەرەشە لە شەیتان‌و پەیڕەوانی دەكات.

﴿٤١﴾ ئەفەرموێ:ئەمە ڕێگایەكی راستەو من پێویستم كردوە لەسەر خۆم كە ڕۆشنی بكەمەوەو سەر ئەنجام بەم ڕێگای ژیانەدا هیچ ئەم لاو لایەكتان پێ ناكرێ ئەبێ بێنەوە بەردەستی من .

﴿٤٢﴾ بێگومان بەندەراست‌و هەڵبژێراوەكانی من تۆ هیچ دەسەڵاتێكت بەسەریان دانیە و ناتوانی بیانخەڵتێنی‌و هەڵیان دێریت مەگەر ئەو كەسانەی كە پەیڕەوی تۆ دەكەن‌و بەشێكن لە سەر لێ شێواو گومڕاكان.

﴿٤٣﴾ ئەوسا بێگومان دۆزەخ شوێنی ئەوانەو هەمویان‌و دەچنەناویەوە.

﴿٤٤﴾ كە حەوت دەرگای هەیەو بۆ هەر دەرگایەكیش جەماعەتێكی دیاری كراوی خۆی هەیە كەلەو دەرگاوە ئەچنە ناو دۆزەخەوە، ئینجا هەروەكو باوی هەمیشەی قورئان پاش باسی خراپان باسی چاكانیش ئەكات‌و ئەفەرموێ:

﴿٤٥﴾ بێگومان ئەوانەی كە لە خوا دەترسن لە ڕۆژی قیامەتدا لە ناو باخچەكان‌و چاوگە ئاوەكاندان‌و پێیان ئەوترێ :

﴿٤٦﴾ بچنەناویەوەو بحسێنەوە بەسەلامەتی‌و بەئەمن‌و ئاسایشەوە نە نەخۆشی هەیەو نەكەم دەستی‌و نەترس ونەمردن ونە بینینی شتی ناحەز تەنانەت خوای میهرەبان نایەڵێ كەس دڵی لەكەس عاجزبێ‌و ئەفەرموێ:

﴿٤٧﴾ وەهەرچی قین‌و رقێكیان هەبوە لەیەكتر لەدونیادا هەموی لە ناو دڵیاندا لادەبەین‌و پاكی دەكەینەوەو لەو ڕۆژەدا كەس لە كەس عاجز نییەو برای یەكترن‌و لەسەر تەختەكان دادەنیشن ڕووبەڕووی یەكترو هەواڵ پرسی‌و چیرۆكی رابوردوی دنیایی خۆیان بۆ یەكتر باس ئەكەن.

﴿٤٨﴾ خۆ ئەوان لەو بەهە شتەدا هەرگیز نارەحەتیان تووش نابێت وهەرگیز ئەوان لەو نازو نیعمەتانەدا دەرناكرێن.

إِذۡ دَخَلُواْ عَلَيۡهِ فَقَالُواْ سَلَٰمٗا قَالَ إِنَّا مِنكُمۡ وَجِلُونَ ﴿٥٢﴾ قَالُواْ
لَا تَوۡجَلۡ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَٰمٍ عَلِيمٖ ﴿٥٣﴾ قَالَ أَبَشَّرۡتُمُونِي عَلَىٰٓ أَن
مَّسَّنِيَ ٱلۡكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونَ ﴿٥٤﴾ قَالُواْ بَشَّرۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ
فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡقَٰنِطِينَ ﴿٥٥﴾ قَالَ وَمَن يَقۡنَطُ مِن رَّحۡمَةِ
رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴿٥٦﴾ قَالَ فَمَا خَطۡبُكُمۡ أَيُّهَا ٱلۡمُرۡسَلُونَ
﴿٥٧﴾ قَالُوٓاْ إِنَّآ أُرۡسِلۡنَآ إِلَىٰ قَوۡمٖ مُّجۡرِمِينَ ﴿٥٨﴾ إِلَّآ ءَالَ لُوطٍ
إِنَّا لَمُنَجُّوهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٥٩﴾ إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ قَدَّرۡنَآ إِنَّهَا لَمِنَ
ٱلۡغَٰبِرِينَ ﴿٦٠﴾ فَلَمَّا جَآءَ ءَالَ لُوطٍ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ﴿٦١﴾ قَالَ
إِنَّكُمۡ قَوۡمٞ مُّنكَرُونَ ﴿٦٢﴾ قَالُواْ بَلۡ جِئۡنَٰكَ بِمَا كَانُواْ فِيهِ
يَمۡتَرُونَ ﴿٦٣﴾ وَأَتَيۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٦٤﴾ فَأَسۡرِ
بِأَهۡلِكَ بِقِطۡعٖ مِّنَ ٱلَّيۡلِ وَٱتَّبِعۡ أَدۡبَٰرَهُمۡ وَلَا يَلۡتَفِتۡ مِنكُمۡ أَحَدٞ
وَٱمۡضُواْ حَيۡثُ تُؤۡمَرُونَ ﴿٦٥﴾ وَقَضَيۡنَآ إِلَيۡهِ ذَٰلِكَ ٱلۡأَمۡرَ أَنَّ
دَابِرَ هَٰٓؤُلَآءِ مَقۡطُوعٞ مُّصۡبِحِينَ ﴿٦٦﴾ وَجَآءَ أَهۡلُ ٱلۡمَدِينَةِ
يَسۡتَبۡشِرُونَ ﴿٦٧﴾ قَالَ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ ضَيۡفِي فَلَا تَفۡضَحُونِ ﴿٦٨﴾ وَٱتَّقُواْ
ٱللَّهَ وَلَا تُخۡزُونِ ﴿٦٩﴾ قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ نَنۡهَكَ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٧٠﴾

﴿٤٩﴾ ئەی محمدﷺ خەبەر بدە بەبەندەكانم كە بەبێگومان هەر منم كەزۆر لێ خۆشبوو میهرەبانم بۆ بەندەكانم.

﴿٥٠﴾ جا بێگومان سزایشم گەورەیەو هەر ئەوەیە سزای دەردناك. خوای زاناو میهرەبان روداوێكی گرنگ‌و زۆر كۆنی ئیبراهیم پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەربێ لێرەدا تۆمار دەكات‌و بە پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ ئەفەرموێ:

﴿٥١﴾ دەی هەواڵی میوانەكانی ئیبراهیمیان پێ بدە،

﴿٥٢﴾ ئەو كاتەی كە چوونە لای‌و سەلامیان لێ كرد ـ ئینجا پاش هێنانی گۆشتی برژاوی گوێرەكەو نەیانخوارد ـ ئەویش فەرموی بەراستی ئێمە لە ئێوە دەترسین، چونكە باوی عەرەب وابو ئەگەر كەسێك بوبە میوانی كەسێك‌و شتی نەخواردن بەلگەی عاجز بونیە لەوماڵە بۆیە ئیبراهیمیش سەلامی خوای لەسەر بێ فەرموی لێتان ئەترسین،

﴿٥٣﴾ جا ئەوانیش گوتیان: مەترسە بەراستی ئێمە موژدە ئەدەین بە تۆ بە منداڵێكی زۆر زانا

﴿٥٤﴾ فەرموی ئێوە موژدەی مناڵم پێ ئەدەن لەم سەری پیریەدا؟جا بە چی‌و چۆن موژدەدەی وام پێ ئەدەن؟!

قَالَ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِيٓ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ ﴿٧١﴾ لَعَمۡرُكَ إِنَّهُمۡ لَفِي سَكۡرَتِهِمۡ
يَعۡمَهُونَ ﴿٧٢﴾ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلصَّيۡحَةُ مُشۡرِقِينَ ﴿٧٣﴾ فَجَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا
سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٍ ﴿٧٤﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُتَوَسِّمِينَ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٖ مُّقِيمٍ ﴿٧٦﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَأٓيَةٗ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٧٧﴾ وَإِن كَانَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأَيۡكَةِ لَظَٰلِمِينَ ﴿٧٨﴾
فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡ وَإِنَّهُمَا لَبِإِمَامٖ مُّبِينٖ ﴿٧٩﴾ وَلَقَدۡ كَذَّبَ أَصۡحَٰبُ
ٱلۡحِجۡرِ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٨٠﴾ وَءَاتَيۡنَٰهُمۡ ءَايَٰتِنَا فَكَانُواْ عَنۡهَا مُعۡرِضِينَ
﴿٨١﴾ وَكَانُواْ يَنۡحِتُونَ مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتًا ءَامِنِينَ ﴿٨٢﴾ فَأَخَذَتۡهُمُ
ٱلصَّيۡحَةُ مُصۡبِحِينَ ﴿٨٣﴾ فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿٨٤﴾
وَمَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۗ وَإِنَّ
ٱلسَّاعَةَ لَأٓتِيَةٞۖ فَٱصۡفَحِ ٱلصَّفۡحَ ٱلۡجَمِيلَ ﴿٨٥﴾ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ
ٱلۡخَلَّٰقُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٨٦﴾ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَٰكَ سَبۡعٗا مِّنَ ٱلۡمَثَانِي وَٱلۡقُرۡءَانَ
ٱلۡعَظِيمَ ﴿٨٧﴾ لَا تَمُدَّنَّ عَيۡنَيۡكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّنۡهُمۡ
وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَٱخۡفِضۡ جَنَاحَكَ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٨٨﴾ وَقُلۡ إِنِّيٓ
أَنَا ٱلنَّذِيرُ ٱلۡمُبِينُ ﴿٨٩﴾ كَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَى ٱلۡمُقۡتَسِمِينَ ﴿٩٠﴾

﴿٥٥﴾ گوتیان: ئێمە موژدەی راستەقینەت پێ ئەدەین لەلایەن زاتی حەقەوە کە خوایەو نەکەی تۆ لەو کەسانە بێت کە نا ئومێدن‌و هیوایان بە سۆزو رەحمەتی خوا نەماوە.

﴿٥٦﴾ ئیبراهیم ﷺ فەرمووی: بێجگە لە گومڕاهان کێ هەیە لە رەحمەتی الله مەئیوس‌و نائومێد ببێت؟ سوپاس بۆ خوا کەمن گومڕاو نا ئومێد نیم لە سۆزو بەزەی الله، جا کەزانی ئەوان فریشتەن‌و رەوانە کراون، زانی هاتنی ئەوان هەروا سادە نیە،

﴿٥٧﴾ بۆیە فەرمووی: دەی ئیشتان چیەو ئەو کارە گەورەیە چییە کە ئێوەی بۆ رەوانەکراون؟

﴿٥٨﴾ وتیان: ئێمە رەوانەکراوین بۆ سزادانی گەلێکی تاوانبارو لە ناویان ئەبەین.

﴿٥٩﴾ بێجگە لە پەیڕەوانی لووت سەلامی خوای لەسەر بێ کە بەراستی ئێمە هەموویان رزگار ئەکەین.

﴿٦٠﴾ بێجگە لە ژنەکەی کە بڕیارمان داوە کەلەو کەسانە بێت کە ئەمێننەوە بۆ سزا، چونکە ئافرەتێکی بێ باوەڕو نیەت پیس‌و لایەنگری ئەوگەلە پیسەیە، ئینجا بەرەو لووت رۆیشتن.

﴿٦١﴾ جا کاتێك ئەو نێرراوانە هاتنە لای دەست ودایەرەی لووت،

﴿٦٢﴾ لوت وتی: بەراستی ئێوە گەلێکی نەناسراون لەلای ئێمە.

﴿٦٣﴾ وتیان: بەڵێ راستە کەئێمە ناناسیت بەلام ئێمە هاتوین بۆلای تۆ بۆ ئەنجامدانی سزایەك کەئەوان گومانیان لە هاتنیدابو، نە تۆیان بەراست ئەزانی نە هاتنی ئەو سزایەش.

﴿٦٤﴾ وتیان: ئێمە بۆ مەبەستێکی دروست کەسزای ئەم گەلەیە هاتوینە لای تۆو بێگومان ئێمە راست ئەکەین لەو قسانەی کە بە تۆی دەڵێین.

﴿٦٥﴾ جا هەر ئەمشەو خاو خێزان‌و پەیڕەوانی خۆت ببەو خۆت دوایان بکەوەو با هیچ کام لە ئێوە لانەکاتەوە بۆ لای ئەو گەلەو پەلە بکەن‌و برۆن بۆ کوێ ئەمرتان پێ دەکرێت، لەوە دەچێ کە مەئموریان لەگەڵدا بوبێ بۆ رێنمای کردنیان کە بۆ کوێ بچن،

﴿٦٦﴾ ئەوسا ئێمە وەحیمان کردە لای‌و تێمانگەیان لەو بڕیارەی خۆمان کە بێگومان ئا ئەوانە لەگەڵ هاتنی بەیانیدا دوایان دێت‌و لەناو ئەبرێن. ئەمە قسەی فریشتەکان بوو بۆ لووت بەلام بەر لەو قسەو باسە ئەو گەلە ناپاکەی لوت کاتێ کە ئەوچەند گەنجەیان دی کەهاتنە ماڵی لوت سەلامی خوای لەسەربێ، بەناوخۆیاندا جاڕیاندا وهەواڵی ئەومێوانانەیان بڵاو دەکردەوە وەك خوای باڵادەست دەفەرمووێ:

﴿٦٧﴾ جاخەڵکی شارەکە بەکەیف وشادییەوە موژدەیان بەیەکتر ئەداو هاتن بۆ ماڵی لوت‌و داوایان لێ کرد کە ئەو میوانانەی بداتە دەستیان.

(٦٨) وتی بێگومان ئەمانە میوانی منن، دەی لەم داوا بێ نرخو فێزەونەتان واز بهێننو ئابڕووم مەبەن.

(٦٩) وە لە خوا بترسنو عەیبدارو سەرشۆڕم مەکەن.

(٧٠) وتیان: مەگەر ئێمە بەتۆمان نەوت کە بەرگریمان مەکە لە خەڵكو پارێزگاری لەکەس مەکەو میوان رامەگرە؟ تەماشاکەن بێ باوەڕان چەند لوت بەرزنوخۆیان پێ هەموشتێکەوکەس مافی رێگری ئەوانی نیە!

(٧١) وتی: ئا ئەوانە کچانی منن وپاكو خاوێننو بە حەڵاڵی هەر یەکەیان ئەدەم بەسەرۆکی تیرەیەکتانو واز لەم ئیشە پیسە بهێنن، بەڵام قسەکانی هیچ سودی نەبوو زیاتر خەریك بوون بە زۆر بێنە ژورەوەو وەکو لە پێشەوە لە سورەتی ئیبراهیم دا سەلامی خوای لەسەر بێ باسمان کرد، ئا لەو کاتەدا فریشتەکان خۆیان بەلوت ناساند، ئینجا الله دەفەرموێ:

(٧٢) بەگیانی تۆ ئەی محمد ﷺ ئەوان لەناو سەرخۆشی خۆیاندان کە زۆر بێ ئاگاو سەرگەردانن، لەبەر ئارەزواتیان هیچیان لەبیر نەماوە!

(٧٣) جا لەکاتی هەڵهاتنی رۆژدا دەنگێکی گەورەدای بەسەریانداو هەمویانی گرتەوەو هیچیان رزگار نەبوون، وەك خوای زاناو دانا ئەفەرموێ:

(٧٤) وڵاتمان لێ تێکدانو سەرو بنمان کردن وبەرد بارانمان کردن بەردێك کەلە قوڕ دروست کرابوو.

(٧٥) بێگومان ئا لەم داستانەدا چەندین بەڵگە هەیە لەسەر دەسەڵاتو هێزو سزای ناکاوی الله بۆ ئەوانەی فامو دەرکی شتیان هەیەوو لە الله ئەترسنو پەیرەوی دەکەن، وە ئەفەرموێ:

(٧٦) بێگومان ئا ئەو دیهاتانەی کە ئێمە لەناومان بردن لەسەر رێگای هاتوچۆی ئەم خەڵکەی مەکەیەو بەچاکی شوێنەوارەکانیان دیوە لەکاتی کاروان کردنیان بۆ شام. ئیتر بۆ ئەبێ پەندو ئامۆژگاری لێ وەرنەگرن؟ جا هەر چەند ئەوان سود لەو شوێنەوارانەش وەرنەگرن کەروی داوە خەڵکی تر سودی لێ وەرئەگرێت وەکو ئەفەرموێ:

(٧٧) ئا لەوێدا بەڵگەی زۆر گەورە هەیە بۆ ئیماندارانێك کە تەماشا ئەکەنو سودی لێ وەرئەگرن، چونکە ئەبینن کە کافرو ستەمکار هەمیشە بەرەو هەڵدێرو نەمان چوون، وە باوەڕدارانیش رزگاربوون ئەمە ئەبێت بەهۆی ئەوە کە زیاتر لە الله بترسنو جوانتر بەندایەتی بۆ بکەن، ئینجا خوای گەورە بەکورتی باسی گەلی شوعەیب عليه السلام ئەکاتو ئەفەرموێ:

(٧٨) بەراستی خاوەنانی بێشەو دارستانەکان کەگەلی شوعەیبە ستەمکار بوون بەتایبەت لە کێشانەو پێوانەدا.

(٧٩) جا ئێمەش تۆڵەمان لێ سەندنو بوون بە پەندو داستانی پاش خۆیان وئەم دوو گەلە، واتە گەلی لوتو گەلی شوعەیب لەسەر رێگایەکی رونو ئاشکرانو هەرکەس بەو ناوچەدا بڕوات ئەیان بینێتو لەیەك نزیکن، ئینجا خوای گەورە هەروا بە کورتی داستانی گەلی سەمود کە گەلی ساڵح پێغەمبەرە عليه السلام بوە باس ئەکاتو ئەفەرموێ:

(٨٠) بەراستی خەڵکی حیجر کەگەلی سەمودەو ساڵح پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەربێ لەسەر داخوازی گەلەکەی بەفرمانی خوا لە بەردێك وشترێکی بۆ هێنانەدەرەوە کە موعجیزەیەکی گەورەبوو بۆ باوەڕ هێنانیان بە اللهو بە پیغەمبەرەکەی کەچی باوەڕیان بەپێغەمبەران نەکرد، هەرچەندە ساڵح تەنها یەك پێغەمبەر بو بەڵام باوەڕ نەکردن بەیەك پێغەمبەر باوەڕ نەکردنە بەهەمو پێغەمبەران بۆیە وای فەرموە.حیجر جێگایەکە لەنێوان شاموحیجازدا پێغەمبەرﷺ لە غەزای تەبووکدا کاتێ کە هاتە ئەو جێگایەو یارەکانی هەویریان بەئاوی بیرەکانی شێلا بوو ئاویشیان دەرهێنا بوو بۆ خواردنەوە فرمانی داکە{ أَنْ يَطْرَحُوا ذَلِكَ الْعَجِينَ وَيُهَرِيقُوا ذَلِكَ الْمَاءَ [البخاري ومسلم] هەویرەکە فڕە بدەنو ئاوەکە بڕژێنن } وەفەرموی:{ لَا تَدْخُلُوا مَسَاكِنَ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ إِلَّا أَنْ تَكُونُوا بَاكِينَ حَذَرًا أَنْ يُصِيبَكُمْ مِثْلُ مَا أَصَابَهُمْ ثُمَّ زَجَرَ فَأَسْرَعَ حَتَّى خَلَّفَهَا.[متفق عليه] مەچنە ناوجێگای ئەوکەسانەی کە ستەمیان

لەخۆیان کردووەو سزادراون مەگەر بە گریانەوە نەوەك دوچاری ئێوەیش ببێت وەك ئەوەی کە دوچاری ئەوان بووە، پاشان لە وشترەکەی خوریو بەپەلەرۆیشت تا ئەو جێگایەی بە جێهێشت }

(٨١) خۆ ئێمە نیشانەکانی خۆمان پێدان بەلام ئەوان پشتیان تێ کردو وازیان لێ هێنا.

(٨٢) جا ئەوان لە چیاکان مالّیان ئەتاشی بۆ خۆیانو ئەشکەوتیان دروست ئەکردو بێ ترس بوون لە دەست درێژی خەلّكو لە بومەلەرزەو وازیان لەخوا پەرستی هێناو دژی سالّح وەستانو وشترەکەیان کوشت.

(٨٣) جا ئەمانیش هەر لەکاتی بەیانیدا دەنگێکی گەورە دای بەسەریانداو هەمویانی پارچە پارچەو وردوهان کردن، واتە: خانوە بتەوو گرنگەکانیان نەی پاراستن لە تۆلّەو سزای الله.

(٨٤) خۆ ئەوەی کە ئەوان بەدەستیان هێنابو لە مالّو سەروەتو سامانو ئەولاد هیچ سودێکی بەوان نەداو بەوسزا گەورە هەلّۆ گیر بون لە دنیاداو سزای گەورەی دوارۆژیش چاوەڕێیانە، ئینجا خوای گەورە جارێکی تر دلّەکان رائەتەکێنێو ئەفەرموێ وانەزانن کە ئەم زەویو ئاسمانە هەروا بێهودە دروستکراونو حیسابو لێکۆلّینەوەیەك لەئارادا نیەو ئەفەرموێ:

(٨٥) بەراستی ئێمە ئاسمانان وزەویو ئەوەی کەلە نێوانیاندایە دروستمان نەکردون مەگەر بۆ مەبەستێکی دروست وراست کە سەرەنجامیان نەمانو لەناو چونیانەو بێگومان کە قیامەت دێت، جا تۆ ئەی محمدﷺ پشتیان تێ بکە بەپشتێکردنێکی جوان،واتە: قسەیان پێ مەلّێو جنێویان پێ مەدەو نارەحەتیان مەکە تۆ تەنها راگەیاندنی ئەم پەیامەت لەسەرە، دیارە ئەمە لەسەردمی مەکەدا بووە کە هێشتا جیهاد پێویستو واجب نەبووەو بەفەرمان بەجیهاد حوکمی ئەم جۆرە بریارانە هەلّگیراوەو ئەبێ بەرامبەر بەرێگرانی ئاینو دژایەتی کەرانی هەنگاوی وەکو خۆیان بۆ بنێرێتو وەلامی توندیان بدرێتەوە.

(٨٦) بێگومان پەروەردگاری تۆ هەر ئەوە دروست کەرو هەر ئەوە زۆر زانا، واتە: هەمو دروستکراوەکان مەخلوقی خودانو هەمویشی لەروی زانیاریەوە دروستکردوە، ئینجا خوای زانا باسی ئەو نیعمەتە گەورە ئەکات کەداوێتی بەپێغەمبەری ئازیزمانﷺو ئەفەرموێ:

(٨٧) بەراستی ئەی محمد ﷺ ئێمە دامان بەتۆ حەوتێك کە دووبارە دەبێتەوە یان حەوتێك کەوا سوپاسو ستایشی خوا دەکات، وەهەندێك ئەو حەوتە بەسورەتی فاتیحە ئەزانێت کە هەمیشە لەنوێژەکاندا دووبارە ئەبێتەوەو سوپاسو ستایشی خودایشی تێدایە وەچەند مانای تریان لەم بارەوە وتووە وەکو حەوت سورەتە درێژەکانی قورئان(البقرة، آل عمران، والنساء، والمائدة، والانعام، والاعراف،ویونس)

وە لە فەرمودەی پێغەمبەرماندا هاتوە کە(الحمدلله أُمُ القُرْآنِ هِيَ السَّبْعُ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنُ الْعَظِيمُ/البخاري والترمذي / سورەتی الحمدلله بناغەی ئەم قورئانەیەو بناغەی ئەم پەراوەیەو حەوتێکە کە دوبارە ئەکرێنەوە. ﴾

جا بەو مانایە لەپاشدا ئەفەرموێ وەقورئانی گەورەمان پێدایت، باسی تایبەت ئینجا گشتی (ذکر العام بعد الخاص) لەبەر گەورەیو پرسودی فاتیحەیە بۆیە باسی کردوە ئینجا باسی قورئانی کردوەو ئەم باسە لە سورەتی فاتیحەدا بەدرێژتر باسکراوە.جا الله ئەفەرموێ: ئێمە ئەو نیعمەتە گەورەمان بەتۆ داوە کەواتە تۆ بەکەیفو خۆشی ژیانی دنیا دلّ مەبەستە.

(٨٨) تۆ چاوت نەنوارێت بۆ ئەو شتەی کە ئێمە کردومانە بەهۆی ژیانو رابواردنی تاقمو پێرە هاوچەشن وهاوبیرو باوەرەکانی بێ باوەرانو خوانەناسان، واتە گوێ بە زرقو برقی دنیا مەدە وخەفەت مەخۆ لەسەر ئەوەی کەچییان بەسەردێت وبالّی میهرەبانیت راکێشە بۆ ئیمانداران، واتە تۆ بەنەرمی لەگەلّیاندا رەفتار بکەو قسەی نەرمیان لەگەلّ بکە تا زیاتر خۆگرو دلّسۆز تربن بۆ خۆتو بەرنامەکەت. پێغەمبەری ئازیزمانﷺ ئەفەرموێ:{ حُبِّبَ إِلَيَّ مِنْ دُنْيَاكُمُ النِّسَاءُ وَالطِّيبُ وَجُعِلَتْ قُرَّةُ عَيْنِيَ فِي الصَّلَاةِ / احمد ، النسائي، صححه الالباني/ خۆشەویست کراوە لای من لە دنیای ئێوەدا ئافرەتو بۆن خۆشی، وە چاو رۆشنی وفێنکی دلّم لە ناو نوێژ دایە.

(٨٩) جا بڵێ بەراستی من ترسێنەرێکی ئاشکرام بۆ ئێوە وئەگەر پەیڕەوی ئەم قورئانە نەکەن دوچاری سزای هەردوو ژیان ئەبن وەکو گەلانی پێش خۆتان،

(٩٠) وە ئەم قورئانەمان نازڵ کردە بۆلای تۆ هەروەك چۆن پەیامان نارد بۆ ئەوکەسانەی کە پەیامەکەی خۆیان بەشبەشکردو هەریەکەی بەشێکی بۆ خۆی کە سودی خۆی تێدا ئەبینی هەڵ ئەبژاردو پەیڕەوی ئەکردو ئەوی تری بەراست نەئەزانیو زۆر جار سوێندیان ئەخوارد لەسەر دژایەتی پێغەمبەرەکانیان وسوێندیان ئەخوارد کە زیندو بونەوە نیەو ئەیان وت: دنیا دوای نایەتو سوێندیان ئەخوارد کە خوا هەرگیز باوەڕداران لە خەیرو خۆشی دا بەشدار ناکات بەکورتی هەرچی بەبیرو باوەڕی خۆیان نەدەگونجا سوێندیان لەسەر ئەخوارد کە راست نیەو خەڵکیان لێ ئەتاراند.

(٩١) ئەو کەسانەی کە ئەم قورئان‌وئەم پەڕاوەی خوایان بە چەند بەش دابەش ئەکردو هەندێکیان ئەیان وت: شیعرەو هەندێك ئەیان‌وت: سیحرەو هەندێك دەیانگوت: قسەی کاهین‌و پێشبینی کەرانە،جا خوای گەورە هەڕەشەیان لێ ئەکات وئەفەرموێ:

(٩٢) سابەپەروەردگارت قەسەم ئەی محمدﷺ پرسیار ئەکەم لە هەمویان،

(٩٣) لەو شتانەی کە کردویانەو هیچ شتێك لە ئێمە پەنهانی نابێ ولە دەستمان دەرناچێت پرسیار لەهەمویان ئەکەین‌و کەسیان نابوێرین‌و لە هەمو کردارەکانیان لەگەورەو بچوك، چاك‌و خراپیان ئەکۆڵینەوەو هەمو یەکێك لەوان بەرهەمی کرداری خۆی ئەبینێ، جاتۆ دلگران مەبەو دان بە خۆتا بگرەو پەیامی خۆت هەڵگرەو بێ باکانە لەکەس مەترسە،

(٩٤) قسەی خۆت بەوشێوەیەی کە فرمانت پێ کراوە ئاشکرای بکە وگوێ مەدە بەهەڕەشەوگوڕەشەی بت پەرستان‌وبەجوانی قسەی خۆت بکەو پشتیان تێ بکەو لێیان مەترسە،

ٱلَّذِينَ جَعَلُوا۟ ٱلْقُرْءَانَ عِضِينَ ﴿٩١﴾ فَوَرَبِّكَ لَنَسْـَٔلَنَّهُمْ
أَجْمَعِينَ ﴿٩٢﴾ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٣﴾ فَٱصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ
عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٩٤﴾ إِنَّا كَفَيْنَٰكَ ٱلْمُسْتَهْزِءِينَ ﴿٩٥﴾ ٱلَّذِينَ
يَجْعَلُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَقَدْ نَعْلَمُ
أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن
مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٩٨﴾ وَٱعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ ٱلْيَقِينُ ﴿٩٩﴾

سُورَةُ النَّحْلِ ١٦ — ١٢٨

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

أَتَىٰٓ أَمْرُ ٱللَّهِ فَلَا تَسْتَعْجِلُوهُ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ
﴿١﴾ يُنَزِّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ
أَنْ أَنذِرُوٓا۟ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱتَّقُونِ ﴿٢﴾ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ تَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣﴾ خَلَقَ
ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴿٤﴾ وَٱلْأَنْعَٰمَ
خَلَقَهَا لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَٰفِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ
﴿٥﴾ وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ ﴿٦﴾

(٩٥) چونکە بەبێگومان ئێمە بەسین بۆیارمەتی‌وپارێزگاری تۆو بۆ لەناوبردنی ئەوکەسانەی کەگاڵتە بە تۆو بەئاینەکەت دەکەن،واتە :غەمگین مەبە چونکە تۆ خاوەنی پشت‌و پەنایەکی بەهێزی بەڵام بت پەرستان‌و بێ باوەران هیچ دۆست‌و پەنادەرێکیان نیەو خوا توڕەیە لێیان،

(٩٦) چونکە ئەوانەی لەگەڵ الله دا چەندین خوای تریان بەناڕەوا داناوەو بەندایەتیان بۆئەکەن وائەزانن کە ئەو خودایانە ئەتوانن یارمەتی‌و کۆمەکیان بکەن‌و لە پاشە رۆژدا لە سزای خوا رزگاریان بکەن، ئەوسا بەم زوانە چییان کردوە تۆڵەکەی ئەبینن. جا ئەم رەفتارە ناپەسەندەی ئەوان الله ی خاوەن هێزو بێ نیازو بێ هاوەڵی توڕەکردوە، جائیتر ئایا ئەوان دەبێ بترسن یان تۆ ئەی محمدﷺ؟

(٩٧) بەراستی ئێمە ئەزانین بەو قسە ناشرینانەی کە ئەیکەن دڵی تۆ ناڕەحەت ئەکەن، بەڵام تۆ خۆگربەو پەیامی خۆت بەرۆشنی راگەیەنەو باکت لە تانەو تەشەری ئەوخوانەناسانە نەبێت.

(٩٨) وەتۆ خوای خۆت بەپاك‌و خاوێنی ڕاگرەو سوپاسی بکەو تۆ لەو کەسانەبە کە بەندایەتی‌و نوێژ ئەکەن بۆ اللەو سەری بەندایەتی بۆ ئەخەنە سەرخاك

(٩٩) ئەوسا بەندایەتی پەروەردگارت بکە هەتا ئەمریت، کەتەنها ئەوە لەسەر تۆ پێویستەو کۆتای نەکەیت تا بەخزمەت خوای خۆت ئەگەییت.

(١٦) سورەتی نەحل (١٢٨)

سورەتی نەحل کە سورەتی شانزەهەمی قورئانە، سەدو بیست‌و هەشت ئایەتە، لە مەکە دا هاتوتە خوارەوە جگە لە سێ ئایەت نەبێت لە لە ئایەتی سەدوبیست‌وشەشەوە دەست پێدەکات تا کۆتای سورەتەکە، وتراوە لە بارەی حەمزەو شەڕی ئوحدەوە هاتوە لەسەر قسەی عەبدولای کوری عەباس، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی حەفتاو دووهەمەو پاش سورەتی (الأنبیاء)و پێش (السجدة) دابەزیوە. ئەم سورەتەیش وەك زۆربەی سورەتە مەکەییەکان زۆرتر لەبارەی شتە بناغەییەکانی ئاینی ئیسلامەوە دەدوێت کە بەیەکتاپەرستی‌و قیامەت‌و پێغەمبەرایەتی (التوحید،المعاد،النبوة) ناو دەبرێت وە ئەم سورەتە هەروەها ناوبراوە بەسورەتی(النِّعَم) واتە نیعمەتەکان. وەشەی (النحل) لە قورئاندا تەنها یەکجار ئەویش لەم سورەتەدا هاتوە.

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنهایەت میهرەبان

(١) فرمانی خوا هات جا پەلەی بۆ مەکەن، وە ئەو زاتە لەزات‌و سیفات‌و کرداریدا لەهەمو عەیب‌و نارێکییەك پاك‌و خاوێنەو بەرزە لەو هاوبەشی‌و هاوتاییەی کە ئێوە بۆی دادەنێن، ئەگەرچی هیشتا قیامەت نەهاتوە بەڵام ئەوەندە راست‌و نزیکە وەك ئەوە وایە کە هات بێت، جا بۆیە دەفەرموێت: ﴿ أَتَىٰٓ أَمۡرُ ٱللَّهِ ﴾ واتە: قیامەت هات، پاش باسی هاتنی قیامەت ویەکتاپەرستی دەچێتە سەر باسی پێغەمبەرایەتی‌و دەفەرموێ:

(٢) فریشتەی پەیام رەسێن کە جبرئیلە رەوانە دەکات بۆ گەیاندنی وەحی کە مایەی ژیانەو بووژانەوەیە بە هەندێك لە فرمانی خۆی بۆسەر ئەو کەسەی کە خۆی ویستی لەسەر بێت لە بەندەکانی کە پێغەمبەرانن بۆ ئەوەی کە خەڵك بترسێنن لە بت پەرستی‌و شیرك‌و وریایان بکەنەوە کە هیچ پەرستراوێکی راستەقینە نیە جگە لە من، جا لە من بترسن‌و خۆتان لەسزای من بپارێزن، چونکە تەنها هەر خۆیەتی کە بەدی هێنەری هەمو بونەوەرەو بەخشێنەری هەمو نیعمەتەکانە.

(٣) اللّٰه ئاسمانان‌و زەوی دروست کردوە بۆ مەبەستێکی راست کە جێگای ژیانی مرۆڤ بێت تا ماوەیەکی دیاری کراوو نیشانە گەلێکیش بن لەسەر دەسەڵاتی ئەو زاتە کە وابو ئاسمان‌و زەوی‌و ئەوەی کە تێیدایە کە مرۆڤیش یەکێك لەوانە بە بێ هودەو بە بێ مەبەستێکی گرنگ دروستی نەکردوون، اللّٰه بەرزو بێ نیازە لەو هاوبەش دانانەی ئێوە بۆی.

(٤) خوا مرۆڤی دروست کردوە لەو تۆماوە بێ هێزو بێ دەسەڵاتەو کردویەتی بەم ئینسانە کەچی ئەو ئینسانە دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ خواو پێغەمبەرانی‌و رێبازەکەی، هەمان قسە لە ئایەتی هەشتاوهەشتی سورەتی (یس) بەرونتر هاتوە، جا بە درێژی باسی نیعمەتەکانی خۆی دەکات‌و دەفەرموێ:

(٥) وە خوای گەورەو باڵادەست مەڕو ماڵاتی دروست کردوە بۆ ئێوە لەو مەڕو ماڵاتانەدا هۆکاری خۆ گەرم کردنەوەو پۆشاك‌و ئەوەی پێویست بێ بۆ ژیان دایناوە بۆتان، وە لە ماست‌و شیرو گۆشتی هەندێکیشیان دەخۆن،

(٦) خۆ لەو مەڕو ماڵاتانەدا بۆ ئێوە جوانی‌و خۆشی هەیە بەتایبەت لەکاتی ئێواران کەدێنەوە بۆ ماڵ، وەلە کاتی بەیانیاندا کەلە ماڵ دەریان دەکەن بۆ لەوەڕ کە تەماشا کردنیان بۆ خاوەنەکانیان زۆر خۆشەو دڵڕفێنە.

(٧) خۆ بارە قورسەکانیشتان هەڵ دەگەرن بۆ جێگاو وڵاتانێك کە ئەگەر ئەومەڕو ماڵات‌و حەیوانە بارکێشانە نەبوایە ئێوە ئاوا بەئاسانی بەو شوێنانە نەدەگەیشتن مەگەر زۆر بەزەحمەتدانی خۆتان، واتە: خوا ئەو حەیوانانەی رام‌و گەردن کەچ کردوە بۆ ئینسان تا ئیشەکانی خۆی لەم دنیادا بەئاسانی ئەنجام بدات، چونکە بەراستی پەروەردگاری ئێوە زۆر میهرەبان‌و زۆر بەبەزەی‌و بەرەحمە بۆتان، ئەوەتە ئەو پەروەردگارە ئەو هەمو گیانلەبەرەی دروست کردوەو رامی کردون بۆتان تا ئێوە سودیان لێ وەربگرن .

وَتَحۡمِلُ أَثۡقَالَكُمۡ إِلَىٰ بَلَدٖ لَّمۡ تَكُونُواْ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ
ٱلۡأَنفُسِۚ إِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ٧ وَٱلۡخَيۡلَ وَٱلۡبِغَالَ
وَٱلۡحَمِيرَ لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗۚ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٨
وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنۡهَا جَآئِرٞۚ وَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ
أَجۡمَعِينَ ٩ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗۖ لَّكُم مِّنۡهُ
شَرَابٞ وَمِنۡهُ شَجَرٞ فِيهِ تُسِيمُونَ ١٠ يُنۢبِتُ لَكُم
بِهِ ٱلزَّرۡعَ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلنَّخِيلَ وَٱلۡأَعۡنَٰبَ وَمِن كُلِّ
ٱلثَّمَرَٰتِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ١١
وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ وَٱلنُّجُومُ
مُسَخَّرَٰتُۢ بِأَمۡرِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ
١٢ وَمَا ذَرَأَ لَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُخۡتَلِفًا أَلۡوَٰنُهُۥٓۚ إِنَّ
فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَذَّكَّرُونَ ١٣ وَهُوَ ٱلَّذِي
سَخَّرَ ٱلۡبَحۡرَ لِتَأۡكُلُواْ مِنۡهُ لَحۡمٗا طَرِيّٗا وَتَسۡتَخۡرِجُواْ
مِنۡهُ حِلۡيَةٗ تَلۡبَسُونَهَاۖ وَتَرَى ٱلۡفُلۡكَ مَوَاخِرَ فِيهِ
وَلِتَبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِهِۦ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ١٤

(٨) جا ئەسپو ماینو ئێستر وەگوێدرێژی دروستکردوە بۆ ئەوەی سواریان ببن بۆکاروانو ئازوگویاز، وەبۆ جوان کردنورازانەوەی ژیانی دنیاتان، وەلەمەولایش شتانێکتان بۆ دروست دەکات بۆ ئازوگویاز کە ئێوە ئیستا نایزانن. بەڵێ، سەیارەو فەتارو فڕۆکە لەو شتانەن کە لەو سەردەمەدا مرۆڤ لێی بێ ئاگا بووە کە ئیستا ئینسان بەهۆی بەکار هێنانی ئەو ژیریو عەقڵەوە کە ﷲ پێی داوە وا لەم سەردەمەدا دروستی کردوون، وە خوا دەزانێت چ شتانێکی تر دروست دەکرێت کە ئیستا ئێمە لێی بێئاگایین، بەراستی دروستکردنی ئاسمانانو زەویو ئەو هەمو نیعمەتە جۆراوجۆرو زۆرە هەموی بۆ ئەوەیە کە ئەم مرۆڤە کەڵکی لێ وەگرێتو لە چاکەدا بەکاری بهێنێت، وە هۆکارێکیشن بۆ تاقی کردنەوەی مرۆڤ، جا پەوەردگاری میهرەبان لەگەڵ ئەو هەمو ئاسانکاریانەی کەلەم بونەوەرەدا بۆ ئەم مرۆڤەی دروستکردوە پێغەمبەرانو پەیامیشی بۆ ناردون تا بزانن چاكو خراپ کامەیەو، وە ئەمەیشی لەسەر خۆی پێویست کردوە و دەفەرموێ:

(٩) ڕێگای راست پیشاندان لە سەر ﷲ خۆیەتیو خۆیشی پێویستی کردوە لەسەر خۆی کە ڕێی راست ڕۆشن بکاتەوە بۆ بەندەکانیو لەو ڕێگایانەی کە مرۆڤ و جنۆکە دەیگرێنە بەر بێجگە لەو ڕێگا راستە ئەوانی تریانان لارو هەڵدێرن،جا بۆیە (ﷲ)پێویستی کردوە لەسەر خۆی کە ڕێگای راست ڕۆشن بکاتەوە، ئینجا بە ڕۆشن کردنەوەو پیشاندانی ڕێگای راست ڕێگای هەڵدێریش دەردەکەوێت، وە ئەگەر ﷲ بییەوێت هەموتان هیدایەت دەداتو دەتانخاتە سەر راستە ڕێگا بەڵام خوا ئەو ئارەزۆیە ناکات چونکە خوا بۆیە مرۆڤی دروستکردوە تا تاقی بکاتەوەو هۆیەکانی تاقی کردنەوەشی خستوەتە بەردەمیانەوە ئیتر هەرکەس بۆ خۆی سەرپشك کراوە کەکام ڕێگا دەگەرێتە بەر کە لەراستیدا دوو ڕێگایە،راستو ناراست کەدووهەمیان سەدان بەشی جیاجیاودژبەیەکی هەیەو یەکەمیان کەرێگای راستەو هیچ بەش بەشیو پارچە پارچەیی تێدا دروست نیەو پەروەردگاربە لوتفی خۆی ڕۆشنی کردوەتەوە بە شێوەیەك کەهیچ کەسێك لەرۆژی دواییدا بەهانەی نەمێنێت، جا هەر کەسێك ئەگەر ئەو ڕێگا راستەی بەو شێوەیە نەگرت ئیتر ئەوە لەسەر هەڵەیە هەر کەس ببێتو هەرچی بکات، بەراستی ئەو ڕێگا ڕۆشن کردنەوەش گەورەترین نیعمەتی خودایە.

(١٠) خۆ ﷲ ئەو زاتەیە کەلە ئاسمانەوە ئاو دەنێرێ بۆ ئێوە کەلەو ئاوە هەندێکی بۆ خوارنەوەیەو شیرینە وە هەندێکی هۆی سەوزبونی درختو گژو گیایەکە کە ئێوە مەڕو ماڵاتەکانتان لە ناوی دا دەلەوەڕێننو دەیدەن بە ئاژەڵەکانتان، جا هەندێکی دەبێ بەشیرو گۆشت بۆتانو هەندێکی دەبێت بەهۆی بەهێز بوونی ئەو حەیوانانەی کەلەکاتی کاروانو ئازوگویازدا باریان پێ هەڵ دەگرنو سواریان دەبن وەك لە پێشەوە فەرموی، بەراستی ئەگەر ئاو نەبێ هیچ شتێك سەوز نابێ بەڵکو کەسیش بێ ئاو ناژی کەواتە ئاو یەکێکە لە نیعمەتە هەرە گەورەکانی خواو هەموشت نیازی بەو هەیەو خوایش بەگوێرەی نیازی ئەم بونەوەرە ئاو دەنێرێ، پاشان قورئان ئاماژە دەکات بۆ هەندێ لەو درختە بەسودانەو دەفەرموێ:

(١١) خوا بەو ئاوە شینایو درختی زەیتونو خورماو ترێکان بۆ ئێوە سەوز دەکاتولە هەمو بەرو بومێك بەو ئاوە بەئێوە دەدات بەراستی ئا لەوەدا بەڵگەیەکی زۆر گەورە هەیە بۆ ئەو گەلەی کە بیر بکاتەوە کە چۆن ئەو هەمو میوە جۆراو جۆرە لەو دارەڕەقە کەلە سەر یەك زەوینو بەیەك ئاو، ئاودێری دەکرێن کەچی هەریەکە رنگێو هەریەکەی تامێ دەدات.

وَأَلۡقَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمۡ وَأَنۡهَٰرٗا وَسُبُلٗا
لَّعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ ﴿١٥﴾ وَعَلَٰمَٰتٖۚ وَبِٱلنَّجۡمِ هُمۡ يَهۡتَدُونَ
﴿١٦﴾ أَفَمَن يَخۡلُقُ كَمَن لَّا يَخۡلُقُۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٧﴾ وَإِن
تَعُدُّواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١٨﴾
وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعۡلِنُونَ ﴿١٩﴾ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ
مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ ﴿٢٠﴾ أَمۡوَٰتٌ غَيۡرُ
أَحۡيَآءٖۖ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ﴿٢١﴾ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۚ
فَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٞ وَهُم مُّسۡتَكۡبِرُونَ
﴿٢٢﴾ لَا جَرَمَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعۡلِنُونَۚ إِنَّهُۥ
لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡتَكۡبِرِينَ ﴿٢٣﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُم مَّاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمۡ
قَالُوٓاْ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٢٤﴾ لِيَحۡمِلُوٓاْ أَوۡزَارَهُمۡ كَامِلَةٗ
يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَمِنۡ أَوۡزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيۡرِ عِلۡمٍۗ أَلَا
سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٢٥﴾ قَدۡ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ
فَأَتَى ٱللَّهُ بُنۡيَٰنَهُم مِّنَ ٱلۡقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيۡهِمُ ٱلسَّقۡفُ
مِن فَوۡقِهِمۡ وَأَتَىٰهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٢٦﴾

(١٢) جا رام وگەردن کەچمان کردوە بۆتان شەوو رۆژو مانگ کە بەگوێرەی پێویستی ئێوە کاردەکەن وە ئەستێرەکانیش بەفرمانی ئەو زاتە رامو گەردن کەچن بەراستی ئالەوەدا چەندین بەلگەهەیە بۆ ئەو گەلەی کەبیر بکەنەوەو ژیریان بخەنەکارەوە کە چۆن پەروەردگار خۆرو مانگو ئەستێرەکانی وا خولقاندوەو وا رێکوپێکی کردوە کە لە بەرژەوەندی ژیانی سەر زەویدا بێت.

(١٣) رامو گەردن کەچی کردوە بۆتانو دەتوانن سوودیان لێ وەرگرن ئەوەی کە دروستی کردوە لەزەویدا کە رەنگەکانیان لە یەك جیایە،وە ئەو جیایی رەنگە بەتایبەت لە حەیواند خزمەتێکی گەورەیەو بەمرۆڤ کراوە تا هەر کەس بە ئاسانی حەیوانی خۆی بناسێت بەراستی لەوەدا بەلگەی گەورە هەیە بۆ ئەو گەلەی بیر بکەنەوە لەو هەموو نیعمەتە زۆرو جۆراو جۆرانەی پەروەردگار.

(١٤) وە خوا ئەو زاتەیە کەوا دەریای بۆ ئێوە رامو گەردن کەچ کردوەو هێزێکی وای پێداوە کە ئەو هەموو شتە قورسانە هەلدەگەرێتو بەئاسانی هاتو چۆی تێدا دەکرێت، وە جۆرەها ماسی تێدایە تا ئێوە لەو دەریایانەدا گۆشتی ناسکی ماسی بخۆن بەلێ گۆشتی ماسی تەنها گیانلەبەرێکی حەلالە کە هەتا بمێنێ وگەورە ببێ هەرگۆشتەکەی تەرجكو ناسکەو خواردنی بەلەزەت ترە، واتە: بە پیر بوونی ماسی گۆشتەکەی لە ناسکیو بەتامی دەرناچێت وە تا ئێوە لەو دەریایانەدا مووروی بەنرخ بۆ خۆ جوان کردن دەربهێنن وەك دورو یاقوتو شتانی تر کە دەیکەن بە پۆشاك بۆ خۆتان بەتایبەت بۆئافرەتان کە نیوەی مرۆڤە ئەگەر چی هیچ مادەیەکی دەریایی لە پیاو قەدەغە نەکراوە وە تۆ دەبینی کەکەشتیەکان چۆن ئەو ئاوە شەق دەکەنو هاتو چۆی تێدا دەکەن جا خوا ئەوانەتان بۆ دەکات تا ئێوەش بتوانن بگەرێن بەسەر دەریاداو لە رۆزیو زیادەی الله سود وەرگرن، وە بۆ ئەوەی کە ئێوەش رێزی نیعمەتەکانی خودا بگرنو سوپاسی بکەن،

(١٥) وە خوا چیا بەهێزو بتەو جێگیرەکانی هاویشتوەتە سەر زەویو دایکوتاوە بەناویدا تا ببێ بەهۆی راگرتنی زەویو درێژەدان بەژیانی ئێوە لەم زەوییەدا، وە چەندین جۆگاو روباری لەو زەوییەدا داناوە بۆ ئاسان کردنی ژیان لەم گردە خاکەداو چەندین رێگای داناوە تا ئێوە رێگای هاتو چۆی خۆتان بدۆزنەوەو بتوانن بە ئاسانی لە نێوان ئەو چیا گەورەو سەرکەشانەدا هاتوچۆ بکەن.

(١٦) ئەوسا ئەوان بەهۆی چەندین بەلگەو نیشانەی دیاریو ئەستێرەکانەوە دەتوانن رێگا بدوزنەوە بەتایبەت لە دەشتاییەکاندا بەشەوو لەناو دەریا پانو پۆرەکاندا ئەستێرەکان دەورێکی کاریگەرو گرنگیان هەیە بۆ دۆزینەوەی رێگا. ئینجا خوای داناو بالا دەست کوتو پر روو دەکاتە بت پەرستانو رایان دەچڵەکێنێو دەفەرموێ:

(١٧) ئایا ئەو کەسەی کە دروست دەکات وەك ئەو کەسە وایە کە هیچ دروست ناکات؟ واتە ئایا ئەو خوایەی کەخالقی هەمو شتێکە وەك ئەو بتانەیە کە ئێوە دەیان پەرستن کە ناتوانن هیچ شتێك دروست بکەن؟ ئایا بیر ناکەنەوە ونازانن کە چەندە نەفامن؟

(١٨) خۆ ئەگەر نیعمەتەکانی خوا بژمێرن بۆتان نا ژمێررێت، واتە: نیعمەتەکانی خودا ئەوەندە زۆرە نەك ناتوانن بەتەواوی سوپاسی بکەن بەڵکو ناتوانن بەتەواوی نیعمەتەکانیشی بژمێرن، ئەگەر مرۆڤ بەگوێرەی توانای خۆی سوپاسی خوا بکات بەراستی خوا خوایەکی لێ خۆشبو بەسۆزە بۆ بەندەکانیو چاو پۆشی لێ دەکاتو سزایان نادات.

(١٩) ئەوسا خوا دەزانێ بەوەی گەنێوە دەی شارنەوەو ئەوەی کە ئاشکرای دەکەن، واتە: لە لای ﷲ پەنهان‌و ئاشکرا وەك یەك وایەو هیچی لێ ون نابێ‌و هیچی لێ پەنا نادرێت، چونکە هەر خۆیەتی کە پەنهانی‌و ئاشکرا دروست دەکات، جا دەگونجێ شتێ خۆی دروستی بکات‌و پێی نەزانێ؟! جا ﷲ ئەو هەموو نیعمەتانەی پێداون‌و لە هەموو شتیشتان ئاگادارە .

(٢٠) جا ئەوانەی کە ئەوان جگە لە ﷲ دەیان پەرستن هیچ شتێك دروست ناکەن بەڵکو خۆیشیان دروست کراون ئەمە هەمو بتەکان دەگەرێتەوە چ گیان لەبەربن چ بێ گیان هەمویان دروستکراون وهیچیان پێ دروست ناکرێت،

(٢١) خۆزۆر بەیشیان مردون‌و زیندو نین ونازانن‌و هەست ناکەن کە کەی زیندو دەکرێنەوە، جا چۆن چاوەڕوانی چاکەو پاداشتیان لێدەکەن؟

(٢٢) خوای ئێوە خوایەکی تەنیایەو هاوبەش وباریدە دەرو هاوکاری نیەو نیازی بەکەس نیەو هەمو دروستکراوەکان نیازیان بەوهەیە، بەڵام ئەوانەی کە باوەڕیان بەرۆژی دوای نییە دڵیان نکولی ئەو حەقیقەتەو راستیە دەکات وئەوان خۆیان بەگەورە دەزانن‌و بەندایەتی بۆ ﷲ ناکەن.

(٢٣) شتێکی راست ورەوایە کە بە دڵنیاییەوە خوا دەزانێ بە هەر شتێ کە دەیشارنەوەو ئەوەی کە ئاشکرای دەکەن، بەراستی ﷲ مرۆڤی خۆبەزل زان‌و موتوکەبیری خۆش ناوێت، واتە: ئەوانەی کە بێ باوەڕن بە خوای زاناو باڵادەست لەبەر ئەوەیە کە ئەوندە خۆ بە گەورە دەزانن کە پەیرەوی پێغەمبەرو پیاوچاکانیان بەلاوە کەمی‌و نزمیە، بۆیە گوێ بە ئاین‌و پێغەمبەران نادەن، جا بەو هۆیەوە خواش ئەوانی خۆش ناوێت‌و یارمەتیان نادات‌و لە پاشە رۆژدا بە ئاگری دۆزەخ تۆڵەیان لێ دەکاتەوە، چونکە ئەم بێ باوەڕو بت پەرست‌و تاوانبارانە هیچ نرخێك بۆ قورئان دانانێن،

(٢٤) خۆ هەر کاتێ پێیان وترا بێت پەروەردگارتان چی بۆ رەوانەکردون دەڵێن: ئەوە چیرۆك‌و داستانی پرو پوچی پێشوانە تا بەم شێوەیە سەر لە خەڵك بشێوێنن‌و لە پەیرەوی کردنی قورئان دوریان بخەنەوە.

(٢٥) جا بەهۆی ئەم هەڵوێستە ناپەسەندو ناشرینانەیانەوە لە رۆژی قیامەت دا باری تاوانی خۆیان بە تەواوی هەڵگرن، هەروەها بەشێك لە تاوان‌و گوناهی ئەو کەسانەش کە بە بێ ئەوەی کە ئاگایان لە خۆیان بێ، ئەوان گومڕایان دەکەن ورێگای راستیان لێ دەگۆڕن، ئاگادار بن کە بەراستی ئەوانە بار یکی زۆر قورسی تاوان‌و خراپەیان هەڵگرتوە، واتە: تاوانی خۆی‌و تاوانی گومڕا کردنیشی لەسەرە، کەوابو ئەمە دژی ئەو ئایەتە نییە کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ (١٥) /ئیسرا. واتە: هیچ نەفسێکی گوناهبار گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێت﴾

چونکە لێرەش باری خۆی هەڵگرتوە کە هۆی گومراکردنیان بوە، بەبێ ئەوەی لە تاوانی پەیرەوی کەری بێئاگای هیچ کەم بکاتەوە. وەك پێغەمبەرمانﷺدەفەرموێ: { مَنْ دَعَا إِلَى هُدًى كَانَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا وَمَنْ دَعَا إِلَى ضَلَالَةٍ كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الْإِثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِعَهُ لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ آثَامِهِمْ شَيْئًا./مسلم وغيره/ هەر کەس بانگ بکات بۆ چاکەیەك ئەوە کەسە بە ئەندازەی پاداشتەکانی ئەوەی کە دوای دەکەوێت بۆ هەیە بە بێ ئەوە کە لە پاداشتیان کەم بکرێتەوەو هەرکەسێکیش خەڵك بۆ گومڕاهییەك بانگ بکات ئەوە بە ئەندازەی تاوان‌و گوناهەکانی ئەوەی کە دوای کەوتوە بۆی هەیە بە بێ ئەوەی لە تاوانی هیچ لایەك کەم بکرێتەوە}.

ئینجا خوای گەورە دڵنەوای پێغەمبەرمانﷺ دەکات‌و دەفەرموێ:

(٢٦) بەراستی ئەی محمدﷺئەوانەی پێش ئەم گەلەی تۆ بۆ دژایەتی کردنی پێغەمبەران فرۆفێڵی زۆریان کرد کە ئەوندە فرۆفێڵیان لەسەر یەك کۆ کردبویەوە کە وەك بینایەکی گەورە وابوو، جا ﷲ هەر لە بناغە ئەو بینا فرۆفێڵەی لەناو بردن‌و هەموی بە سەر خۆیاندا شکاندەوە، جا بوون بە عەزابێك بۆ خۆیان، وەلە لایەکەوە سزایان بۆ هات کە خۆیان هیچ هەستیان پێ نەکرد تایەخەی گرتن‌و وایان دەزانی کە ئەو هەمو فرۆفێڵە سودیان پێ دەگەیەنێت بەڵام بو بە هۆی سزایان. یان مەبەست ئەوەیە گەلانی پێشو کە دژایەتی پێغەمبەرەکانیان دەکرد خوای گەورە دیواری بیناکانیانی لە بنەوە هەڵکەندن‌و ئەوسا سەربانەکانیانی بەسەردا تەپاندن، وە لە لایەکەوە سزایان بۆهات کەخۆیان هیچ هەستیان پێ نەکرد، واتە: با ئەم گەلەی تۆش بترسن لە سزای کوت‌و پڕی ﷲ.

ثُمَّ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يُخۡزِيهِمۡ وَيَقُولُ أَيۡنَ شُرَكَآءِيَ ٱلَّذِينَ
كُنتُمۡ تُشَٰٓقُّونَ فِيهِمۡۚ قَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ إِنَّ ٱلۡخِزۡيَ
ٱلۡيَوۡمَ وَٱلسُّوٓءَ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٢٧﴾ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ
ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡۖ فَأَلۡقَوُاْ ٱلسَّلَمَ مَا كُنَّا نَعۡمَلُ مِن سُوٓءِۭۚ بَلَىٰٓ
إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٢٨﴾ فَٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ
خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَلَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴿٢٩﴾ ۞ وَقِيلَ
لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ مَاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمۡۚ قَالُواْ خَيۡرٗاۗ لِّلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ فِي
هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٞۚ وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞۚ وَلَنِعۡمَ دَارُ ٱلۡمُتَّقِينَ
﴿٣٠﴾ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ لَهُمۡ فِيهَا مَا
يَشَآءُونَۚ كَذَٰلِكَ يَجۡزِي ٱللَّهُ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٣١﴾ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ
ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمُ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ بِمَا
كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٣٢﴾ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ
أَوۡ يَأۡتِيَ أَمۡرُ رَبِّكَۚ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ وَمَا ظَلَمَهُمُ
ٱللَّهُ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ﴿٣٣﴾ فَأَصَابَهُمۡ
سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُواْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٣٤﴾

(٢٧) جا نەك هەر لە دنیا ئاوایان لێ دەكەین بەڵكو پاشان لە ڕۆژی قیامەتیشدا خوا سەر شۆڕیان دەكات، وە دەفەرموێ:كوا ئەو هاوبەش وشەریكانەی كە ئێوە بە هۆی ئەوانەوە دژایەتی پێغەمبەرو پەیڕەوانی ڕاستەقینەی ئیسلامتان پێ دەكرد با ئەمڕۆ بێن و یارمەتیتان بدەن و لەم سزایە ڕزگارتان بكەن؟ جا لەو كاتەدا ئەوانەی عیلمیان پێ دراوەو زانیاریان هەیە دەڵێن: بەڕاستی سەرشۆڕی ئەمڕۆو سزای خراپ بەشی كافرانەو هیچ كەسێكیش ناتوانێ پاڵ پشت و یارمەتی دەریان بێ و لە سەرشۆڕی و سزاو خراپە ڕزگاریان بكات. جا ئەوەش گەورەییەكە بۆئەهلی عیلم كە ﷲ بۆ قسەكانیان نرخ دادەنێت، چونكە هەر چۆن لە دنیا حەق وێژ بوون وا لێرەش هەر حەق وێژن. پاشان ﷲ باسی كاتی گیان كێشانی ئەو بێ باوەڕانەنە بۆ دەكات و دەفەرموێ:

(٢٨) ئەوانەی كە فریشتەكانی گیانكێشان گیانیان دەكێشن لەحاڵێكدا كە لە دنیادا بە ئەنجامدانی كوفرو شیرك ستەمیان لە خۆیان كرد بوو ئەو كاتە خۆیان تەسلیم دەكەن و ئامادەی بەندایەتی و گوێ ڕایەڵی دەبن و دەڵێن: ئێمە هیچ ئیشی خراپمان نەكردوە، واتە: لەو كاتەدا خۆیان بە پیاو چاك پیشان دەدەن و حاشا لە ئیشە خراپەكانیان دەكەن و وا دەزانن خوا بێ ئاگایە لێیان، جا بە دەمیان دەدرێتەوە كە نەخێر وانییە كە ئێوە بیر دەكەنەوە خوا زۆر زانەرە بەوەی كە كردوتانە وهیچی لێ ون نەبوە، ئینجا پێیان دەوترێت:

(٢٩) ئادەی لە دەرگاكانی دۆزەخەوە بچنە ناو دۆزەخەوە كە ئەوە جێگاتانە بۆ هەمیشە، جا بێگومان پیسترین جێگایە، جێگای خۆبەزل زانان و لوت بەرزان و بێ باوەڕان. پاشان ﷲ باس لە هەڵوێستی لە خوا ترسان بەرامبەر بە قورئان دەكات و دەفەرموێ:

(٣٠) بێژرا بە ئیمانداران خوای ئێوە چی ڕەوانە كردوە؟ وتیان: خێرو بەرەكەتی ڕەوانەكردوە، بۆ ئەو كەسانەی كە چاكەیان كردوە لە دنیادا چاكەیان لە گەڵ دا دەكرێت و ژیانی پاكیان پێ دەدرێت و بەڕاستی ماڵی دوا ڕۆژیان كە بەهەشتە چاكترە لە دنیاو هەموو شتەكانی و بەڕاستی باشترین جێگایە خانوی پارێزكاران و لە خوا ترسان كە بریتیە لە:

(٣١) بەهەشتانێكە كە جێگەی دانیشتن و مانەوەیە كە ئەو لە خوا ترسانە دەچنە ناویەوەو هەرچی لەوێدا ئارەزۆ بكەن بۆیان هەیە هەر ئاوەها ﷲ پاداشتی پارێزكاران دەداتەوە. ئینجا هەرچۆن لە پێشەوە باسی سەرەمەرگی بێباوەڕانی كرد لێرەش باس لە كاتی گیانكێشانی باوەڕداران دەكات و دەفەرموێ:

(٣٢) ئەوانەی كە فریشتەكان لە كاتی گیانكێشانیاندا گیانیانی كێشا لەحاڵێكداكە ئەوان پاك و خاوێن بوون لە تاوان و كوفرو بت پەرستی پێیان دەڵێن: سەلامتان لێ بێت بچنە ناو بەهەشتەوە بەهۆی ئەو كردارە باشانەی كە كردوتانن لەدنیادا. ئینجا ﷲ دەفەرموێ:

(٣٣) ئایا ئەم بێ باوەڕانە چاوەڕێی چی دەكەن كە هەر ئاوا بەردەوامن لە سەر كوفرو بێ دینی جگە لەوەی كەوا ڕۆژێك لە ڕۆژان فریشتەكان بێن بۆ گیان كێشانیان یان فرمانی پەروەردگاری تۆ بێ بۆ لەناوچونیان یان قیامەت بێت بەسەریاندا، واتە: جگە لەوە چاوەڕێی چی دەكەن؟ پەروەردگارت هەر ئاوەهای كردوە بەو كەسانەی كە لە پێش ئەو گەلەی تۆدا بوون، وەخواش ڕەوشتی خۆی ناگۆڕێ خۆ خوا ستەمی لێ نەكردون كە ئاوەهای بەسەر هێناون بەڵكو خۆیان ستەمیان لە نەفسی خۆیان كردوە كە بە تاوان و كوفرو بت پەرستیەوە خەریك بوون، جا ئەگەر ئەم گەلەی تۆ ژیر بن و بەزەییان بێتەوە بەخۆیاندا هەرچی زوترە پەشیمان دەبنەوە

لە کوفرو تاوانو بت پەرستیو رو دەکەنە پەروەردگایانو نامەی کردارەکانیان سپی دەکەنەوە، ئەگینا بەشیان جگە لە ناوچونو سزا شتێکی تر نییە.

(٣٤) ئەوسا سزای ئەو رفتارە ناشرینەیان توشیان بوو گیروەدەی کردنو ئەو سزاو عەزابەی کە گاڵتەیان پێ دەکرد دای بە سەریاندا. پاشان پەروەردگار باس لەوە دەکات کە چۆن موشریکەکان بۆ ئەو تاوانە گەورەی کە دەیکەن بەڵگە دەهێننەوە دەفەرموێ:

(٣٥) جا ئەو کەسانەی هاوبەشیان بۆ خوا دانابو وتیان: ئەگەر خوا ئارەزۆی لێ بوایە ئێمە جگە لەو هیچ شتێکی ترمان نەدەپەرست نەخۆمانو نە باو باپیرانمانو هیچ شتێکیشمان بە بێ بڕیاری ئەو قەدەغە نە دەکرد، ئەوانەی کە لە پێش ئەم گەلەی تۆدا بوون هەروایان دەکردو هەروایشیان دەوت، واتە مشریکان دەڵێن: مادام کە خوا ماوەمان پێ دەداتو سزامان نادات ئەوە دەگەیەنێت کە خوا بەم ئیشەی ئێمە رازیەو وای پێ خۆشە، ئینجا خوا دەمکوتیان دەکاتو دەفەرموێ؟ ئایا پێغەمبەران جگە لە گەیاندنی ئاشکراو ڕون شتێکی تریان لەسەر پێویستە؟ واتە: خوا زۆر لەکەس ناکاتو پێغەمبەرانی نەناردوە کە کەس بەزۆر بکەن بەباوەڕدار ئەوان گەیاندنی ئاشکرایان لەسەرە، جا ئێوەیشن کە بە ئارەزۆی خۆتان رێی خۆتان هەڵدەبژێرن .

(٣٦) جا بەراستی ئێمە بۆ هەمو گەلێك پێغەمبەرێکمان ناردوە کە بەو گەلەی خۆیان بڵێن: تەنها(ﷲ) بپەرستنو دوور بکەونەوە لە هەمو تاغوتەکان، جا هەندێك لەوانە رێگەی هیدایەتی گرتوەو خواش هیدایەتی داوەو هەندێکی تریشیان بە هۆی لاساری خۆیانەوە گومراهیو سەر لێ شێواوی بوەتە شتێکی پێویستو چەسپاو پێیانەوەو وازیان لێ نەهێناوە، ئینجا خوا دەفەرموێ:دەی با بە ژیرانە بگەڕێن بەسەر زەویداو شوێنەوارەکان ببینن، ئینجا تەماشا بکەنو بزانن ئەوکەسانەی کە بێ باوەڕبون چییان بەسەر هاتوە؟ وە بزانن کە سەرنویشتی ئەوانیش هەروا دەبێت. پەیرەوی هەر شتێك بکرێت جگە لە (ﷲ) مادام ئەو پەیرەوی کردنە لە سنوری ئایین دانەبێت ئەو پەیرەوی کردنە کوفرو شیرکەو پەیرەوی کراویش ئەگەر خۆی بەوە رازی بێت تاغوتە.

وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن
شَيْءٍ نَّحْنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَيْءٍ كَذَٰلِكَ
فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَهَلْ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ
(٣٥) وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ
وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ
حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَٰلَةُ فَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُواْ كَيْفَ
كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ (٣٦) إِن تَحْرِصْ عَلَىٰ هُدَىٰهُمْ
فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي مَن يُضِلُّ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ (٣٧)
وَأَقْسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ لَا يَبْعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُ بَلَىٰ
وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (٣٨)
لِيُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِي يَخْتَلِفُونَ فِيهِ وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّهُمْ
كَانُواْ كَٰذِبِينَ (٣٩) إِنَّمَا قَوْلُنَا لِشَيْءٍ إِذَآ أَرَدْنَٰهُ أَن نَّقُولَ
لَهُۥ كُن فَيَكُونُ (٤٠) وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مَا ظُلِمُواْ
لَنُبَوِّئَنَّهُمْ فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَلَأَجْرُ ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُواْ
يَعْلَمُونَ (٤١) ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (٤٢)

(٣٧) ئەی محمدﷺئەگەر تۆ هەر چەند سور بیت لەسەر هیدایەتو خۆشبەختکردنیان سا بێگومانبە کە خوای گەورە ئەو کەسەی کە گومراهی کردوە رێنماییو خۆش بەختی ناکات، چونکە خۆی نیەتی خراپەو رێنمای ناوێت، جا تۆش ناتوانی هیدایەتی بدەیتو بۆ ئەوان هیچ یارمەتی دەرێك نیە کە یارمەتیان بداتو بیان خاتە سەر رێگای خۆش بەختی.

(٣٨) خۆ ئەوان بەهەمو هێزی خۆیان سوێند بە خوا ئەخۆنو دەڵێن: هەرگیز خوا ئەوانەی کە مردوون زیندویان ناکاتەوە، خواش دەفەرموێ: نەخێر وانییە کە ئەوان دەڵێن زیندو کردنەوەی مرۆڤ بۆ حیساب بڕیاریکی بڕاوەی (ﷲ) یەو دێتەدی بەڵام زۆربەی خەڵك ئەو راستیە نازاننو لێی تێ ناگەنو دژایەتی ئەکەن، جا خوا هەندێ لە سودەکانی زیندو کردنەوە باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٣٩) زیندویان ئەکەینەوەو حیسابیان لەگەڵدا دەکەین تا رۆشن بکەینەوە بۆیان ئەو زیندو کردنەوەی کە ئەوان ناکۆکیان تێیدا بوو، تابزانن بەراستی ئەوان درۆزن بوونو لە خۆیانەوەبەبێ بەڵگە باوەڕیان بەزیندو کردنەوە نەبوە. ئینجا

وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۚ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ
ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٤٣﴾ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِۗ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ
ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ
﴿٤٤﴾ أَفَأَمِنَ ٱلَّذِينَ مَكَرُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَخۡسِفَ ٱللَّهُ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ
أَوۡ يَأۡتِيَهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٤٥﴾ أَوۡ يَأۡخُذَهُمۡ
فِي تَقَلُّبِهِمۡ فَمَا هُم بِمُعۡجِزِينَ ﴿٤٦﴾ أَوۡ يَأۡخُذَهُمۡ عَلَىٰ تَخَوُّفٖ فَإِنَّ
رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٌ ﴿٤٧﴾ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَىٰ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ
يَتَفَيَّؤُاْ ظِلَٰلُهُۥ عَنِ ٱلۡيَمِينِ وَٱلشَّمَآئِلِ سُجَّدٗا لِّلَّهِ وَهُمۡ دَٰخِرُونَ
﴿٤٨﴾ وَلِلَّهِ يَسۡجُدُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ مِن دَآبَّةٖ
وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ ﴿٤٩﴾ يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوۡقِهِمۡ
وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ۩ ﴿٥٠﴾ ۞ وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ
ٱثۡنَيۡنِۖ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ فَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ﴿٥١﴾ وَلَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضِ وَلَهُ ٱلدِّينُ وَاصِبًاۚ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَتَّقُونَ ﴿٥٢﴾ وَمَا بِكُم مِّن
نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيۡهِ تَجۡـَٔرُونَ ﴿٥٣﴾ ثُمَّ
إِذَا كَشَفَ ٱلضُّرَّ عَنكُمۡ إِذَا فَرِيقٞ مِّنكُم بِرَبِّهِمۡ يُشۡرِكُونَ ﴿٥٤﴾

خوا باسی چۆنێتی ئەنجامدانی بڕیارەکانی خۆی دەکاتو دەفەرموێ:

(٤٠) قسەی ئێمە بۆ هەر شتێك کە بمانەوێ بیکەین هەر ئەوەندەیە کە بڵێین ببە، کوتو پڕ دەبێتو هیچ شتێك ناتوانێت ڕێگای بگرێت، واتە: ئەوەی بەلای ئێوەوە دورەو نەگونجاوە لای ئێمە زۆر ئاسانەو تەنها فرمان پێ کردنی ئەوێو هیچی تر. ئینجا خوای میهرەبان کۆچکەرانی ڕێگای خۆیو پاداشەکانیان بە شێوەیەکی کورت باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٤١) ئەوسا ئەو کەسانەی کە ماڵو ولاتو خێزانی خۆیانیان بەجێ هێشتوە لەبەر خاتری ڕەزامەندی خوا پاش ئەوەی کەستەمیان لێ کرا هەر لە دنیادا شوێنو جێگای چاکیان پێ ئەدەین. هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە کۆچکردنی ئەو موسڵمانانە بوو کە چون بۆ حەبەشەو بڕیارەکە گشتیەو بۆ هەر موسڵمانێك لە هەر کاتو جێگایەکدابێ، سوپاس بۆ خوا بەدرێژای مێژوی ئیسلام ئەم بڕیارەی خوا چەسپاوو ڕۆشنو نەگۆڕاو بووە سەبارەت بەو کەسانەی کەبە ڕاستی وازیان لە ولاتو خزمو کەسو کارو منداڵی خۆیان هێناوەو خوای میهرەبان چاکەی بێ سنوری لەگەڵدا کردون لە دنیاداو بێگومان کە پاداشتی ڕۆژی قیامەت زۆر گەورەترە ئەگەر ئەوان بزانن، واتە سەرەرای ئەو هەمو چاکەی کە خوای گەورە لە گەڵیاندا دەکات پاداشتی قیامەتیان زۆر زیاترو گەورەترە،

(٤٢) ئەو پاداشە گەورە بۆ ئەو کۆچکەرانەی کە لەبەرامبەر بەڵاو موسیبەتی ئاوارەییوبێ کەسوکاریو بێ جێگاورێگایی خۆیان گرتوەو نا سوپاسی خوای خۆیان نەکردوە لە سەر ئەوەی کە توشیان بووە، وە تەنها بە پەروەردگاری خۆیان پشتیان بەستوە نەبە ئەمو ئەو. جارێکی تر خوا دڵخۆشی پێغەمبەرمانﷺ دەکاتو لەدەم ئەو بێ باوەڕانە دەدات کە ئەیان وت: خوا گەورەترە لەوەی کە بەشەرێك بکات بە پێغەمبەری خۆیو دەفەرموێ:

(٤٣) خۆ ئێمە ڕوانەمان نەکردوە لە پێش تۆدا مەگەر پیاوان کە وەحیمان کردوەتە لایان، واتە: هەر پیاوو بەشەرمان لە پێش تۆدا ناردوە، بۆچی ئێستا بە تۆ وا دەڵێن، جا ئەوانەی کە گومانیان لەم بارەوە هەیە با پرسیار بکەن لەوانەی کە زانیاری پەڕاوەکانی پێشویان هەیە ئەگەر ئێوە ئەم ڕاستیە نازانن،

(٤٤) تابەبەلگەی ڕۆشنو بەو پەڕاوەی پێشو ئەو ڕاستیەتان بۆ ڕۆشن بکەنەوە، وە ئێمە قورئانمان ڕەوانە کردوەتە لای تۆ ئەی محمدﷺتا تۆیش مانای ئەوەی کە ڕەوانە کراوەتە لایان ڕۆشن بکەیتەوە بۆیان بەڵکو ئەوانیش بیر بکەنەوە، واتە پێغەمبەری خۆشەویستﷺ ئەرکی ڕۆشن کردنەوەی قورئانی پێسپێرراوەو فەرمودەکانی مانای قورئانەو ئەبێ پەیڕەوی بکرێت، ئەمە دەم کوتێکە بۆ ئەوانەی کە ئیسلام ناناسنو لەبەر تەمەڵی ئاگایان لە فەرمودەکانی پێغەمبەر نییەو دەڵێن: قورئان بەسە. بەڵێ ڕاستە قورئان بەسە بەومەرجەی وەك خۆی چۆن ڕێنمایمان دەکات ئاوا پەیڕەوی بکەین، ئەوەتە قورئان خۆی ئەڵێت: پێغەمبەرﷺڕۆشن کەرەوەمە جا ئەگەر ڕاست ئەکەنو خۆ ئەوە ئایەتی ئەو قورئانەیەو پێویستە بەگوێ بکەن هەروەك چۆن لە چەندین ئایەتی تردا ئەم شتەی ڕۆشن کردوەتەوە لەوانە ئایەتی ﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾ آل عمران: ٣١.

وە ئایەتی ﴿ مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا ﴾ النساء: ٨٠. ﴿ٱلذِّكۡرَ﴾ ناوێکی قورئانە چونکە یادی خوای تێدا هاتوەو بیر خەرەوەیەو بۆ هەموو پەڕاوەکانی

تریش بە کارئەهێنرێت. جا خوای زاناو توانا هەڕەشە دەکات لەو کەسانەی کە بێ باوەڕن‌و تاوان دەکەن‌و دەفەرموێ:

(٤٥) ئایا ئەوانەی کە فرۆفێڵی خراپ دەکەن‌و ئەیانەوێ ئیسلام ناشیرین بکەن ناترسن لەوەی کە خوا بیان بات بەناخی زەویدا؟ یان ئەو سزا گەورەیەی کە بۆیان دانراوە لە جێگایەکەوە بۆیان بێت کە ئەوان هیچ هەستی پێ نەکەن

(٤٦) یان لە کاتی هاتو چۆو گەشت‌و گەڕاندا خوا تۆڵەیان لێ وەرگرێت؟ ئەوسا ئەوان ناتوانن رێگای (ﷲ) بگرن لە هەر بەڵایەك کە ئارەزۆ لێ بێت کە بەسەریاندا بهێنێت.

(٤٧) یان (ﷲ) تۆڵەیان لێ وەرگرێت لە حاڵەتێك دا کە چاویان لە هاتنی ئەو سزایەیەو ئەترسن وەك ئەوەی کە کەس‌و کارو هێزو دەسەڵاتیان کەم کەم لەناو ببات‌و نەتوانن هیچ بەرگریەکیش لەو کەم کردنەوە بکەن‌و دوژمنانیان بەسەردا زاڵ بکات‌و بەچاوی خۆیان مەرگی خۆیان پێش هاتنی ببینن، واتە: بۆچی ئەوەندە گەمژەو نەزانن بیر لە پاشە رۆژی خۆتان ناکەنەوە پێش ئەوەی کار لەکار بترازێت بۆ بەرەو پەروەردگارتان ناگەڕێنەوە؟ بەراستی پەروەردگارتان زۆر میهرەبان‌و زۆر بەرەحمە بۆتان. بەڵێ ئەگەر سۆزو میهرەبانی نەبێت بۆتان خۆ ئەو لەکەس ناترسێت ولەکۆتاییدا هەمو کەسێکیش ئەچێتەوە بەردەستی، دەی بۆ ئەو پێغەمبەرو پەڕاوەی ناردوەو ئەو هەمو ئامۆژگاریەی دەکات؟

(٤٨) ئایا باوەڕیان بەهێزی خوانیەو نابینن ئەوانەی کە خوا دروستی کردوون چۆن سێبەرەکانیان بەلای راست‌و چەپدا ئەسوڕێتەوە کە بەڵگەی گەردن کەچی‌و رام بونیەتی بۆ فرمانەکانی خوای تواناو زانا وەك دەفەرموێ، خۆ ئەوان گوێ رایەڵ‌و گەردن کەچن بۆ خواو ناتوانن لەو یاسایە دەربچن کە خوا بۆی داناون، ئینجا نەك هەر سێبەرەکانیان گەردن کەچە بەڵکو هەمو دروست کراوەکان بەبێ جیاوازی گەردن کەچی یاسای پەروەردگاری عالەمن وەك دەفەرموێ:

(٤٩) جا بۆ خوا رام وگەردن کەچ ئەبێ ئەوەی کە لە ئاسمانان‌و زەوی دایە چ ئەوەی کە دەجوڵێت چ فریشتەکان خۆ ئەوان هەرگیز خۆیان بەگەورە ناگرن‌و سوجدە بۆ خوا ئەبەن‌و فرمانەکانی جێ بەجێ ئەکەن بە تایبەت فریشتەکان هیچ کات لە فەرمانی خوا لا نادەن‌و تەواوی گیان لەبەرانی تریش جگە لەو سەر پشکییەی کە بە مرۆڤ‌و جنۆکەدراوە رام‌و گەردن کەچن بۆ ئەو بەرنامەی کە خوا بۆی داناون

(٥٠) کە ئەو فریشتانەیش دەترسن لەو پەروەردگارەیان کەلە سەریانەوەیەو ئەوان لەژێر دەستی ئەودان‌و هەر فەرمانێکیان بەسەردا دا بدات ئەوان بێ سێ‌و دوو ئەنجامی دەدەن.

(٥١) جا خوا فەرمویەتی: هەرگیز دوو خودا بۆ خۆتان دانەنێن چونکە ئەو تەنها یەك خودایە، جا تەنها لەمن بترسن لەکەسی تر مەترسن، چونکە بەبێ فرمانی من هیچ کەس هیچ شتێکی پێ ناکرێت.

(٥٢) وە هەر مولکی خودایە ئەوەی کە لە ئاسمانان‌و زەویدا هەیە ئیتر ئێوە چۆن مولکی خۆی ئەکەن بەشەریکی ئەو زاتەو لە جیاتی ئەودا بەندایەتی بۆ ئەکەن؟ ئەمە چ عەقڵێکە؟ بەرنامەی پێویست‌و فەرزکراو لەسەر مرۆڤ تەنها بەرنامەی (ﷲ)یەو نابێ بەرنامەی کەسێ تر بە پێویست بزانرێت‌و پەیڕەوی بکرێت، چونکە ئەو پەیڕەوی کردنە پەرستنەو خوا توڕەیە لەو کردارەو دەفەرموێ: ئایا ئێوە جگە لە (ﷲ) لەکەسانێکی تر ئەترسن و پەیڕەوییان دەکەن؟ واتە شتی وانەکەن، ئینجا چاکتر رونی دەکاتەوەو تێمان دەگەیەنێ کە جگە لە خوا هیچیان لەدەست نایەت‌و دەفەرموێ:

(٥٣) خۆ هەرچی نیعمەتێك کە ئێوە هەتانەو مایەی بەختەوەری ژیانتانەو سودی لێ وەردەگرن لە خواوەیە بەڵام ئێوە رێزی ناگرن‌و سوپاسی خوا ناکەن‌و کەسانی تر ئەکەن بەهاوبەش، لە پاشان هەر کاتێك ئێوە دوچاری تەنگانەو ناخۆشی ببن تەنها بۆ لای ئەو پەنا ئەبەن‌و هاوار لەو دەکەن،

(٥٤) لەپاشان هەر کاتێك ئەو تەنگانەیە لە سەر ئێوە لا ببات کوت‌و پڕ کۆمەڵێك لە ئێوە هاوڵ بۆ خوا دادەنێن،

(٥٥) بۆیە ئەم هاوبەشیە دادەنێن تاکو بێ باوەڕبن بەوەی کە ئێمە پێمان داوون جا خوا دەفەرموێ: ئەوسا با رابوێرن بەم

لِيَكْفُرُواْ بِمَآ ءَاتَيْنَٰهُمْۚ فَتَمَتَّعُواْۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٥٥﴾ وَيَجْعَلُونَ
لِمَا لَا يَعْلَمُونَ نَصِيبًا مِّمَّا رَزَقْنَٰهُمْۗ تَٱللَّهِ لَتُسْـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ
تَفْتَرُونَ ﴿٥٦﴾ وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ ٱلْبَنَٰتِ سُبْحَٰنَهُۥ وَلَهُم مَّا يَشْتَهُونَ
﴿٥٧﴾ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ
﴿٥٨﴾ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلْقَوْمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓۚ أَيُمْسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ
أَمْ يَدُسُّهُۥ فِى ٱلتُّرَابِۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٥٩﴾ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ
بِٱلْءَاخِرَةِ مَثَلُ ٱلسَّوْءِۖ وَلِلَّهِ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ
﴿٦٠﴾ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا مِن دَآبَّةٍ وَلَٰكِن
يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّىۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَـْٔخِرُونَ
سَاعَةًۖ وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٦١﴾ وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ مَا يَكْرَهُونَ
وَتَصِفُ أَلْسِنَتُهُمُ ٱلْكَذِبَ أَنَّ لَهُمُ ٱلْحُسْنَىٰۖ لَا جَرَمَ أَنَّ
لَهُمُ ٱلنَّارَ وَأَنَّهُم مُّفْرَطُونَ ﴿٦٢﴾ تَٱللَّهِ لَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن
قَبْلِكَ فَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَهُمْ
عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ
ٱلَّذِى ٱخْتَلَفُواْ فِيهِۙ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٦٤﴾

زوانه دەزانن چیتان بەسەردێت لەسەر ئەو سەرپێچیو نافەرمانیەی کە بەرامبەر بە ئێمە دەیکەن.

﴿٥٦﴾ جا ئەو نەزانانە هەندێ لەو سەروەتو سامانو ئاژەڵەی کە پێمان داوون دایئەنێن بۆ ئەو بتانەی کە خۆیان هیچ شتێك نازانن، جا خوا هەڕەشەیان لێ دەکاتو دەفەرموێ: دڵنیا بن کە پرسیارتان لێ دەکرێت لەو درۆو هەڵبەسراوانەی کە بۆ (ٱللَّهُ)ی دای ئەنێنو نیعمەتەکانی ئەو بۆ ئەو بتانە خەرج ئەکەنو بەندایەتیان بۆ ئەکەن.

﴿٥٧﴾ جا بۆ خوا کچان دا ئەنێن و (دەڵێن: خوا کچی هەیە) پاكو بێ نیازە خوا لەو قسە پوچانە لە حاڵێکا ئەوان ئەیانەوێ چییان پێ خۆشە ئەوەیان هەبێ، واتە: ئەوان کوڕیان بەلاوە چاکە بۆ خۆیان ئەوە هەڵ ئەبژێرنو کچیان بەلاوە چاك نیە بۆ خوای دائەنێنو دەڵێن: فریشتەکان کچی خودان دەی ئەمە چ جۆرە عەقڵێکە خۆی کچی پێ چاك نەبێ وبڵێیت خوا کچی هەیە؟!

﴿٥٨﴾ جا هەر کاتێ موژدە بدرێت بە یەکێك لەوانو بڵێن:کە خێزانەکەی کچی بووە دەمو چاوی لە خەفەتا رەش ئەبێو زۆر نارەحەت ئەبێو دڵی لە لەداخو خەفەتدا خەریك شەق ببات.

﴿٥٩﴾ کە خۆی ئەشارێتەوە لەو خەڵکەی کە زانیویانە کچی بووە لەبەر خراپی ئەو مژدەیەی کە پێی دراوەو نازانێ لەداخا چی بکات ئایا وازی لێ بێنێو لە ناوی نەباتو بەو شەرمەزارییەوە بمێنێتەوە یان زیندە بەچاڵی بکاتو یەکجاری رزگاری بێ لەو شورەیو خراپە کە توشی بوە! ئینجا ئا ئەم جۆرە کەسانە ئەیان وت: خوا کچی هەیە کەچی سەبارەت بەکچی خۆیان ئاوا رەفتاریان دەکردو خواش دەفەرموێ ئاگاداربە ئەوانە بڕیارێکی خراپ دەدن کە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەل منداڵی خۆیاندا دەکەنو ئەو جۆرە دابەش کردنەش لەنێوان خۆیانو(ٱللَّهُ)دا دەکەن، کچان بۆ (ٱللَّهُ) دائەنێنو کوڕان بۆ خۆیان؟!

﴿٦٠﴾ بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمانیان نییە بە رۆژی دوای وێنەیەکی خراپیان هەیە وهەر بۆ (ٱللَّهُ)یە وێنەی بەرزو بەرێزتر بەڵام بێ باوەڕان وێنەی نزم بۆ خوا دائەنێنو وێنەی بەرز بۆ خۆیان بەراستی زۆر بەهەڵەدا چوون، چونکە هەر خوایە کە خوایەکی بەدەسەڵاتەو دانایە لە هەموو ئیشەکانیدا. بەڵێ بێ باوەڕان هەمو هەڵس وکەوتو وتاریان هەموی نارەواو تاوانە بەڵام خوا خوایەکی میهرەبانو بەرەحمەو پەلە ناکات لە تۆڵە سەندنەوەدا بەڵکو بیر بکەنەوەو تەوبە بکەن، وەك لێرەدا دەفەرموێ:

﴿٦١﴾ جا ئەگەر (ٱللَّهُ) لەخەڵکی بەهۆی ستەمەکانیانەوە تۆڵەی وەرگرتایە هیچ شتێکی لەم سەر زەویەدا نەئەهێشتو بەبۆنەی لاساری مرۆڤەوە لەناوی ئەبردن بەڵام (ٱللَّهُ) دوایان ئەخات هەتا کاتێك کە ناوبراوەو دیاری کراوە، جا هەر کاتێك ماوەیان هات یەك سەعات نەدوا ئەکەوێت وە نە پێش ئەکەوێت.

﴿٦٢﴾ جا ئەوان دای ئەنێن بۆ خوا ئەوەی کە بۆ خۆیان پێیان ناخۆشە، وە بە درۆوەو لە خۆیانەوە بە دەم دەڵێن: بێگومان بەهەشت هەربۆ ئەوانە، ئینجا خوا بەدەمیاندا ئەداو دەفەرموێ: بەحەقیقەتو بێگومان کەبۆ ئەوان ئاگر هەیە، بێگومان ئەوان ئەخرێنە ئاگرەوەو پشتگوێ ئەخرێنو رزگار ناکرێن، ئەمە بەڵێنی (ٱللَّهُ)یە، جارێکی تر (ٱللَّهُ)بۆ دڵنەوایی پێغەمبەرمانﷺدەفەرموێ:

﴿٦٣﴾ ٱللَّهُ سوێند بەخۆی دەخواتو دەفەرموێ: بەراستی ئێمە بۆ گەلانی پێش تۆش پێغەمبەرانمان رەوانە کردوە بەڵام شەیتان کردەوە خراپەکانیانی بۆ جوان کردوونو لە رێگای

وَٱللَّهُ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ
لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ ﴿٦٥﴾ وَإِنَّ لَكُمْ فِى ٱلْأَنْعَٰمِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا
فِى بُطُونِهِۦ مِنۢ بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَآئِغًا لِّلشَّٰرِبِينَ ﴿٦٦﴾
وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلْأَعْنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا
حَسَنًا إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ
أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِى
مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا
شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ
يَتَفَكَّرُونَ ﴿٦٩﴾ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ ثُمَّ يَتَوَفَّىٰكُمْ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرْذَلِ
ٱلْعُمُرِ لِكَىْ لَا يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْـًٔا إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴿٧٠﴾ وَٱللَّهُ
فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ فِى ٱلرِّزْقِ فَمَا ٱلَّذِينَ فُضِّلُوا۟ بِرَآدِّى
رِزْقِهِمْ عَلَىٰ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ فَهُمْ فِيهِ سَوَآءٌ أَفَبِنِعْمَةِ
ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٧١﴾ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا
وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُم مِّنَ
ٱلطَّيِّبَٰتِ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ ٱللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ ﴿٧٢﴾

ڕاست لایداوون .جا شەیتان ئەمڕۆش دۆستی ئەم خوانەناسانەی سەردەمی تۆیە وبەرەو ڕۆژ ڕەشیو نەگبەتیان دەبات و ئەوان سزایەکی زۆر پڕ ئێشو ژانیان بۆ هەیە.

(٦٤) ئێمە ڕەوانەمان نەکردوەتە سەر تۆ ئەم قورئانە مەگەر بۆ ئەوەی کە تۆ ڕۆشن بکەیتەوە بۆ ئەوان ئەوەی کە ئەوان ناکۆکیان تێیدا هەیە کە هاتنی قیامەتە، وە هەروەها ئەم پەڕاوەمان نەناردوە بۆ تۆ کە قورئانە مەگەر بۆ ئەوەی کە ڕێنمایو ڕەحمەت بێ بۆ گەلێ کە باوەڕ بە تۆو پەیامەکەت ئەهێنن، چونکە تەنها ئەوان سودی لێ وەرئەگەرن ئەگینا ئەم قورئانە بۆ هەمو کەسێك ڕێنمایو ڕەحمەتە بەڵام زۆربەی خەڵك ڕوی تێ ناکات، ئینجا خوای گەورە درێژە بە باسی نیعمەتەکانی خۆی دەداو دەفەرموێ:

(٦٥) خوا ئەو زاتەیە کە ئاو لە ئاسمانەوە ڕەوانە دەکات، جا بەو ئاوە ئەم زەویەی پاش ئەوەی کە بێ گژو گیاو مردبوو زیندو دەکاتەوە، بەڕاستی ئا لێرەدا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ ئەو گەلەی کە گوێ بگرێت و ڕاستی ببیستێت.

(٦٦) جابەڕاستی بۆ ئێوە لە مەڕو ماڵاتدا پەندو ئامۆژگارییەکی گەورە هەیە ئێمە لەوەی کە لە ناو سکی ئەواندایە ئاوتان پێ ئەدەین کە ئەو شیرەیە کە لە نێوان شیاکەو خوێندایە شیرێکی سپیو پاك و خاوێن جوان کە بەئاسانی قوت ئەدرێت و لە لایەن بخۆرانیەوە هیچ بێزێکی لێ ناکرێت! جا ئەی مرۆڤ بۆ بیر ناکەیتەوە ئەو شیرە سپیەتاییەتە لەناو شیاکەو خوێنداو لەو جێگا تەنگەدا کام دەزگاو کارخانەیەك دەتوانێت ئاوا ئیشێ بکات؟! ئینجا دەفەرموێ:

(٦٧) خۆ لە بەروبومی خورماو ترێ کان ئێوە ماددەی سەرخۆشیو ڕۆزییەکی شیرینو جوان وەرئەگەرن بێگومان لە تەماشاکردنی ئەو هەمو نیعمەتە جۆراو جۆرانەدا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ ئەو گەلەی کە ژیری خۆی بخاتە کارەوەو چاك بیر بکاتەوە، ئەمە یەکەم ئایەت بوو کە هاتە خوارەوەو خراپی ماددەی سەرخۆشکەری لێ وەرئەگیرا چونکە خوا جیایی کردوەتەوە لە ڕۆزی جوان ﴿رِزْقًا حَسَنًا﴾ جا ئەوانەی ئەمەیان وەرگرت هەندێکیان وازیان لە خواردنەوەی شەراب هێناو هەندێکی تری داوای لە خوا کرد کە جوانتر بۆیان ڕۆشن بکاتەوە تا ئاخر جار ئایەتی (نەوەدو نەوەدو یەکی/ مائیدە)هاتە خوارەوەو ئیتر بە تەواوی وازی لێ هێنرا . ئینجا نیعمەتێکی ترمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێ:

(٦٨) ئەوسا نیگامان کردە لای مێش هەنگ وتێمانگەیاندن کە بۆ دروست کردنی هەنگوین هەندێ لە چیاکان بکەن بەماڵ بۆ خۆتان،

(٦٩) جا لە هەندێ لەدرختەکانیش و لەوانەی کە خەڵك بۆتان دروست دەکەن وەك سەبەتەو سندوق و شتی تر، لە پاشان پێمان وت:لە هەمو بەرو بومێك بخۆو ڕێگاکانی پەروەردگاری خۆت بۆ ئەنجامدانی ئیشەکانی خۆت گەردن کەچانە بگرەو ئیشی خۆت بکە کە لەناو سکیەوە خواردنەوەیەکی شیرین کە هەنگوینە دێتە دەرەوە کە ڕەنگەکانی جیایە لەیەك سورو سپیو ووشك و تەڕو، یەك دایك بەچکە دەکات کەچی بەچکەکانی جیان لەیەك، نێرو مێو گەورەو بچوك ڕەشو زەرد وتامی هەنگوینەکەی بەگوێرەی خواردنەکەی ئەگۆڕێ و لەو هەنگوینەدا شیفا هەیە بۆ خەڵك . بەڕاستی ئا لەوەدا کە باس کرا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ ئەو گەلەی کە بیر بکاتەوە، مێشێك کە ئەگەر بکەوێتە مشتە ئاوێکەوە عەقڵی خۆ ڕزگارکردنی نیە کێ فێری ئەو نەخشەو پاك و خاوێنیەی کردوە؟! جا بۆ بیر ناکەنەوەو سوودی دنیاو قیامەتی

وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٧٣﴾ فَلَا تَضْرِبُوا۟ لِلَّهِ ٱلْأَمْثَالَ ۚ
إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٧٤﴾ ۞ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا عَبْدًا
مَّمْلُوكًا لَّا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَىْءٍ وَمَن رَّزَقْنَٰهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا
فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا ۖ هَلْ يَسْتَوُۥنَ ۚ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ
بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلَيْنِ
أَحَدُهُمَآ أَبْكَمُ لَا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَىْءٍ وَهُوَ كَلٌّ عَلَىٰ
مَوْلَىٰهُ أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لَا يَأْتِ بِخَيْرٍ ۖ هَلْ يَسْتَوِى هُوَ وَمَن
يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ ۙ وَهُوَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٧٦﴾ وَلِلَّهِ غَيْبُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَمَآ أَمْرُ ٱلسَّاعَةِ إِلَّا كَلَمْحِ ٱلْبَصَرِ
أَوْ هُوَ أَقْرَبُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٧٧﴾ وَٱللَّهُ
أَخْرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَجَعَلَ
لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۙ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ
﴿٧٨﴾ أَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلطَّيْرِ مُسَخَّرَٰتٍ فِى جَوِّ ٱلسَّمَآءِ
مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱللَّهُ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٧٩﴾

ئێوەرگرن؟ دەڵێن: جارێك كابرایەك چووە خزمەتی پێغەمبەرو ﷺ وتی: براكەم توشی نەخۆشی سك چون بوە پێغەمبەرﷺ فەرموی: هەنگوینی بدرێ، كابرا هەنگوینی پێدا سك چونكە زیاتر بوو هاتەوە بۆ لایو عەرزی كرد كە خراپتر بووەفەرموی: هەنگوینی بدەرێوبەچەند جارێك ئینجا شیفای بۆ هاتو فەرموی:{ صَدَقَ اللهُ وَكَذَبَ بَطْنُ أَخِيكَ / متفق عليه/ خوا راستی كرد سكی براكەت درۆی كرد} _ _ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە چارەسەریو تیماركردنی نخۆشی پێچەوانەی ئایین نییەو زیانی بۆ بیرو باوەڕ نیە مادام كابرا لە خواوەی بزانێ:

(٧٠) جا(الله) ئەو زاتەیە كە ئێوەی دروست كردوەو لە پاشان ئەتان مرێنێتوهەندێك لە ئێوە تەمەنێكی زۆری پێ ئەدرێو عەقڵی منداڵ ئەبێتەوە تا هیچ نەزانێت پاش ئەوەی كە زانیوێەتی بێگومان(الله) زۆر زانایەو بە دەسەڵاتە، پێغەمبەرمانﷺئەپاڕایەو لە (الله) ئەیفەرمو:{ وَأَعُوذُ بِكَ أنْ أُرَدَّ إلى أرْذَلِ العمُرِ/وە پەنا ئەگەرم بەتۆ كە بگەرێنرێمەوە بۆ عەقڵی منداڵی ئەوەندە تەمەن درێژ بم} _البخاري وغيره_.

(٧١) خۆ (الله) ئەو زاتەیەكە هەندێكتان بەرز دەكاتەوە بەسەر هەندێكی ترتاندا بەهۆی رژاندنی رۆزی زۆرەوە دەی ئەوانەی كەوا رێزیان پێ دراوە لەو رزقو رۆزی خۆیانە هیچ نادەن بەوانەی كەلە ژێر دەستیاندایە،جا هەمویان لەو رزقو رۆزییەدا یەكسان بن، واتە: ئیتر چۆن ئێوە چاوەڕێ ئەكەن كە خوای خاوەنی ئەم هەمو بوونەوەرە بەندەی خۆی بكات بەشەریكی خۆیو هەندێ لە كارو بارەكانی خۆی بداتە دەستی ئەوان؟ ئایا ئێوە دان نانێن بە نیعمەتەكانی خوادا؟ لێ پرسینەكە بۆ سەرزەنشت و دان پێدانانە،واتە: بۆ ئەبێ دان بەو نیعمەتانەی خودادا نەنێن، دانی پێدا بنێنو بزانن كەخوا كەسی نەكردوە بە هاوبەشی خۆیو ئێوە لە خۆتانەوە ئەم شتانەتان كردوە بە هاوبەشی (الله).

(٧٢) وە خوا ئەو زاتەیە كە لە خۆتان هاوسەری بۆ داناونو لە رێگەی ئەو هاوسەرانەوە كوڕانو نەوەی پێداونو لە شتە پاكەكان رزقی ئێوەی داوە ئایا ئێوە بەشتی پڕوپوچ كە ئەو بتانەن باوەڕ ئەهێنن كەهیچیان لێ نایەتو دان بەنیعمەتەكانی خوادا نانێنو ئینكاری ئەو هەمو نیعمەتانەی ئەو زاتە دەكەن؟

(٧٣) وە ئێوە جگە لە (الله) شتانێك دەپەرستن كە ئەوانە خاوەنی هیچ رزقێك نین بۆ ئێوە نە لە ئاسمانانو نە لە زەویداو توانای ئەنجامدانی هیچ شتێكیشیان نییە نە چاكو نە خراپ. جا كە ئەمەتان زانی،

(٧٤) ئێوە هاوبەشو هاووێنەو شەریك بۆ خوا دانەنێن، چونكە شتی وانییەو درۆیەو تەنها ئایندەی خۆتان خراپ ئەكەن بەراستی خوا ئەزانێت چ شتێك سوودی هەیە بۆتانو چیش بە زیانتانەو ئێوە نازانن. ئینجا خوا وێنەیەك لەسەر ئەو بتانەی ئەوانو تەنهایی خۆی دێنێو دەفەرموێ:

(٧٥) خوا وێنەیەك باس دەكات لەسەر بتەكانو لەسەر زاتی خۆی بەم چەشنە كە مرۆڤێك مولكی كابرایەك بێو توانای هیچ شتێكی نەبێت كە بیكات نە بۆ خۆیو نە بۆ خەڵك ئا ئەمە لەگەڵ كەسێكدا كە ئێمە رزقیكی چاكمان پێ دابێتو ئەویش بە كەیفی خۆی بە پەنامەكیو بە ئاشكرا بی بەخشێت ئایا ئەم دووانە وەك یەكن؟ ئاشكرایە وەك یەك نین دەی بتەكان وەك كابرای یەكەمەو خۆیان بەندەنو توانای هیچ ئیشێكیان نیە،دووهەمیان وێنەی خوا خۆیەتی كە خاوەنی ئەو هەمو خێرو بەرەكەتەیەو هەمیشە بە ئارەزۆی خۆی ئەبەخشێتو كەس ناتوانێ رێگای لێ بگرێتو دەست بخاتە ناو كاروباریەوە كەوابو سوپاس بۆ خوا،بەڵام زۆربەی ئەوان نازانن كە سوپاس شایستەی خودایەو بت پەرستن هەر یەكەو

بەشێوەیە، یەکێك گیاندار ئەپەرستیٚو یەکیٚ بیٚ گیان یەکیٚ نەفسی خۆی ئەپەرستیٚو یەکیٚ خەڵکی تر یەکیٚ ماڵ ومنداڵ یەکیٚ تر پلەو مەقام و...و...هتد. وتراوە کەئەم ئایەتە لەبارەی عوسمانی کوڕی عەفانو بەندەیەکی ئەوەوە دابەزیوەکە عوسمان ـ خوا لێی رازیبێت ـ خەرجی دەداو بەخێوی دەکرد بەڵام ئەو ئیسلامی خۆش نەدەویستو ڕێگری لەخێرو چاکەی ئەو دەکرد. ئینجا خوای گەورە وێنەیەکی تر باس دەکاتو دەفەرمویٚ:

﴿٧٦﴾ خوا وێنەیەکی تر بەم شێوەیە باس دەکات: کە دوو پیاو هەبنو یەکێکیان لاڵ بێتو نەتوانێت هیچ شتێك بکات بەڵکو ئەو بارێکی قورس بێت بەسەر ئاغاکەیەوەو بەرەو هەر کویٚ بڕوات خێرێك نەهێنێتەوە ئایا ئەم کەسە لەگەڵ ئەو کەسەی کە فرمان بەداد پەروەری بداتو ئەو لەسەر ڕێگای ڕاست بێت یەکسانە؟ ئەم وێنەیەش مەبەستی کافرو موسڵمانە، یەکەمیان وێنەی کافرەو لەقسەی حەقو ڕاستدا لاڵەو توانای هیچ چاکەیەکی نیەو بەرەو هەرکویٚ بچیٚو هەرچی بکات هەربەزیانی تەواو دەبیٚو دووهەمیانیش موسڵمانەو فرمان بەداد پەروەری دەکات کە یەکتا پەرستییەو لەسەر ڕێگای ڕاستە کە ئاینی ئیسلامە.

﴿٧٧﴾ ئەوسا هەر بۆ (ﷲ)یە زانینی نهێنیەکانی ئاسمانانو زەویو کەسی تر ڕاستەوخۆ هیچی لیٚ نازانێت تا(ﷲ)خۆی پێی ڕانەگەیەنێتو بڕیاری هاتنی قیامەت هەر بەئەندازەی چاوکلا کردنێکە یان لەوەش نزیکترە تەنها ئەوەندەی دەویٚ کە خوا بفەرمویٚ: ببە، ئەبیٚ چونکە بەراستی (ﷲ) دەسەڵاتی بەسەر هەمو شتێکدا هەیە، دیسان زیاتر درێژە بە باسی نیعمەتەکانی خۆی ئەداتو دەفەرمویٚ:

﴿٧٨﴾ جا ﷲ ئەو زاتەیە کە ئێوەی دەرهێناوە لە سکی دایکتاندا کە هیچ شتێکتان نەدەزانی، ئینجا بۆ ئەوەی شت بزانن خوا بۆ ئێوە ئامێری بیستنو بینینو دڵەکانی داناوە تا لە بیسراوەکانو بینراوەکان پەندو ئامۆژگاری وەرگرنو هەرلەو ڕێگایەوە بینراوو بیسراوەکان بدەن بەدڵو بەچاکی تەماشای سودو زیانیان بکەنو گەورەیو زۆری نیعمەتەکانی خواتان بۆ دەرکەوێت بەڵکو ئێوە سوپاسی خوابکەن. جارێکی تر پەروەردگاری عالەم سرنجمان ڕائەکێشیٚ بۆ لای هەندیٚ لەو شتانەی کە دەسەڵاتو زاناییو دانایی خودا دەر ئەخەنو دەفەرمویٚ:

وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۢ بُيُوتِكُمْ سَكَنًا وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ
ٱلْأَنْعَٰمِ بُيُوتًا تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْ
وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَآ أَثَٰثًا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٍ
﴿٨٠﴾ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلًا وَجَعَلَ لَكُم
مِّنَ ٱلْجِبَالِ أَكْنَٰنًا وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ
ٱلْحَرَّ وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ كَذَٰلِكَ يُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ
عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْلِمُونَ ﴿٨١﴾ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ
ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٨٢﴾ يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا
وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٣﴾ وَيَوْمَ نَبْعَثُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ
شَهِيدًا ثُمَّ لَا يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ
﴿٨٤﴾ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ٱلْعَذَابَ فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ وَلَا هُمْ
يُنظَرُونَ ﴿٨٥﴾ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ شُرَكَآءَهُمْ
قَالُوا۟ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ شُرَكَآؤُنَا ٱلَّذِينَ كُنَّا نَدْعُوا۟ مِن دُونِكَ
فَأَلْقَوْا۟ إِلَيْهِمُ ٱلْقَوْلَ إِنَّكُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٨٦﴾ وَأَلْقَوْا۟
إِلَى ٱللَّهِ يَوْمَئِذٍ ٱلسَّلَمَ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٨٧﴾

﴿٧٩﴾ ئایا نابیننو تەماشای ئەو باڵندانە ناکەن کە چۆن گەردن کەچو ڕام کراوون لە بۆشایی ئاسماندا دەگەڕێن بیٚ ئەوەی بکەونە خوارەوە بەراستی ئەوانی ڕاگیر نەکردوە جگە لە خواو کەسی تر ناتوانیٚ لەو بۆشاییەدا ڕاگیریان بکات بێگومان ئا لەوەدا چەندین بەڵگەی گەورە هەیە لەسەر دەسەڵاتی خوا بۆ گەلێك کە باوەڕ بهێننو یەقینیان هەبێت بە خواو بە ڕۆژی قیامەت .

﴿٨٠﴾ خۆخوای باڵادەست ئەو زاتەیە کە ماڵەکانتانی کردوە بە جێگای حەسانەوەتان بۆ ئەوەی کە ئیسراحەتی تێدا بکەن لەدنیادا وە لە پێستی مەڕو ماڵات ماڵانێکی پێداون کە هەڵگرتنیان لەکاتی کۆچوباردا و لەکاتی نیشتە جێبونتاندا سوكو ئاسانەلاتان ولە خوریەکانیانولە کورکەکانیانو لە مووەکانیان ماڵ دروست ئەکەن وەك ڕەشماڵو چادرو کەلو پەلی تری ناو ماڵ، وە هۆی لەزەت وەرگرتنتانە هەتا ماوەیەکی دیاری کراو کە کاتی دەرچونتانە لەم ژیانەی دنیادا، وە هەروەها خوا دەفەرمویٚ:

﴿٨١﴾ جا خوای باڵادەست هەندێك لە وانەی کە دروستی کردوە کردویەتی بە سێبەر بۆ ئێوە کە لەکاتی گەرمادا سودی هەیە بۆ

ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ زِدۡنَٰهُمۡ عَذَابٗا فَوۡقَ
ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يُفۡسِدُونَ ﴿٨٨﴾ وَيَوۡمَ نَبۡعَثُ فِي كُلِّ
أُمَّةٖ شَهِيدًا عَلَيۡهِم مِّنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَجِئۡنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَىٰ
هَٰٓؤُلَآءِۚ وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى
وَرَحۡمَةٗ وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٨٩﴾ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ
وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ
وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ
﴿٩٠﴾ وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمۡ وَلَا تَنقُضُواْ ٱلۡأَيۡمَٰنَ
بَعۡدَ تَوۡكِيدِهَا وَقَدۡ جَعَلۡتُمُ ٱللَّهَ عَلَيۡكُمۡ كَفِيلًاۚ إِنَّ
ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ﴿٩١﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّتِي نَقَضَتۡ
غَزۡلَهَا مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٍ أَنكَٰثٗا تَتَّخِذُونَ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا
بَيۡنَكُمۡ أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرۡبَىٰ مِنۡ أُمَّةٍۚ إِنَّمَا يَبۡلُوكُمُ
ٱللَّهُ بِهِۦۚ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴿٩٢﴾
وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن يُضِلُّ مَن
يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَلَتُسۡـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٩٣﴾

خۆتان‌و مەڕو ماڵاتتان‌و لەچیاکانیشدا ئەشکەوتانی گەورەو بچوکی بۆ دروست کردوون، وە پۆشاکێکی وای بۆ داناون کە ئەتان پارێزێت لە گەرما وە پۆشاک‌و لباسێکی وای بۆ داناون لەزرێ کە بتان پارێزێ لەکاتی شەڕدا لەرمو تیر هەر ئاوا خوای باڵادەست نیعمەتەکانی خۆی تەواو دەکات بەسەر ئێوەدا، بەڵکو ئێوەش گەردن کەچ بن بۆ خواو ڕێگای خوا بگرن،

(٨٢) ئەگەر ئەوان گوێ بەم ئایینەنەدەن‌و پشتی تێ بکەن لەگەڵ بونی ئەم هەمو بەڵگە زۆرو گەورانەدا تۆ ناڕەحەت مەبە ئەی محمدﷺچونکە بەراستی تۆ تەنها گەیاندنێکی ڕوون‌و ئاشکرات لەسەرەو هیچی تر.

(٨٣) ئەوان نیعمەتەکانی خوا ئەناسن‌و دەڵێن: ئەمانە هی خودان بەڵام لەکاتی قسەو باس دا ئینکاری دەکەن، وە زۆربەیان بێ باوەڕن‌و کوفرانی نیعمەتەکانی خودا دەکەن جا خوا هەڕەشەیان لێ دەکات‌و دەفەرموێ:

(٨٤) جا ئەو ڕۆژەی کە ئێمە لە ناو هەمو گەلێك شایەتێك کە پێغەمبەرەکەیانە زیندو دەکەینەوەو تاوان‌و ستەمی گەلەکەی باس دەکات‌و مەحکوم دەبن لە پاشا ماوە نادرێ بەو کەسانەی کە بێ باوەڕ بوون هیچ بەهانەیەك بهێننەوەو داوای پەشیمان بوونەوەیشیان لێ ناکرێت چونکە تازە لە دنیای ئیش‌وکاردا نەماون، بەڵکولە دنیای پاداشت‌و سزادان، کەوابو ئەو ڕۆژە زۆر سەختە بۆ تاوانباران وەك لێرە دیمەنێکیان باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(٨٥) کاتێك کە ئەوانەی تاوان‌و ستەمیان کردوە سزا ئەبینن تازە نە سوك ئەکرێت لەسەریان‌و نەماوەیشیان پێ ئەدرێت بەڵکو ئەبێ بە تێرو تەواوی سزای خۆیان وەرگرن.

(٨٦) جا کاتێك کە ئەوانەی هاوبەشیان داناوە بۆ خوا چاویان بە شەریکەکانیان ئەکەوێت کە چەند هیچ‌و پوچ‌و بێ دەسەڵاتن دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ئا ئەمانە بت‌و شەریکەکانی ئێمە بوون کە جگە لە تۆ لە دنیادا بانگمان ئەکردن‌و بەندایەتیمان بۆ ئەکردن ئەوانیش بەپەلە وەڵامیان ئەدەنەوەو دەڵێن: بەراستی ئێوە درۆ ئەکەن‌و بەندایەتی ئێمەتان نەکردوە ، بەڵێ ئەو ڕۆژە وەك ئەمڕۆ نیە کە لوتی خۆیان بەرز بکەنەوەو خەڵکی بکەن بە بەندەی خۆیان‌و ترسیان لەکەس نەبێ، ئەو ڕۆژە هەمو هێزو دەسەڵاتیان لێ وەرئەگیرێت ولە ناو گێژاوی ڕۆژ ڕەشی‌و شەرمەندەی‌و سەرشۆڕیدا ئەخولێنەوە، جا دوا کەوت‌و پەست‌و بێ نرخەکان پاش ئەو لێدوانەیان هیچیان پێ ناکرێ،

(٨٧) ئەوسا هەمویان ڕوو ئەکەنە ﷲو تەسلیم دەبن، چونکە هیچ چارەیەکی تریان نیە وئەو درۆو دەلەسانەش کە لە دنیادا کردبویان هەمویان لێ ون دەبێت‌و دەڕوات‌و هیچ قسەیەکیان نیە لەو ڕۆژەدا کە بۆ کردن بشێت.

(٨٨) ئەوانەی کە کافر بوون‌و ڕێگری لە ئاینی ﷲ دەکەن‌و نایەڵن بڵاوببێتەوە خوا دەفەرموێ: ئێمە سزا لەسەر سزایان بۆ زیاد ئەکەین، وەك دنیانیە کە کەم کەم سزاو تۆڵەی ئاسان ببێ بەڵکو ڕۆژلەپاش ڕۆژ سزایان زیاتر ئەبێ بەهۆی ئەوەی کە لە دنیادا تاوان‌و خراپەیان کردوەو بەزەییان نە بەخۆیاندا هاتوەتەوەو نە بەخەڵکا.

(٨٩) جا ئەو سزاو تۆڵەیە لەو ڕۆژەدا ئەبێت کە ئێمە لە هەمو گەلێك شایەتێك لە خۆیان زیندو دەکەینەوە کە پێغەمبەرەکەیانەو، وە ئەی محمد ﷺ تۆیش دەهێنین کە شایەت بیت لەسەر ئەمانە، وەئێمە ئەم قوئانەمان ڕەوانەکردوە بۆ تۆ کە ڕۆشن کەرەوەیە بۆ هەر شتێك کە مرۆڤ پێویستی پێی هەبێ لەبارەی بەندایەتی‌و خواناسی‌و حەڵاڵ‌و حەرامەوە ورێنمای‌و سۆزو مژدەیە بۆ تەواوی موسڵمانان. دەی ئیتر لەپاش

ئەو پەڕاوە بەنرخە کەی ڕەوایە کە خەڵك یاساو بەرنامەیەکی تردابنێن بۆ کاروباری خۆیان؟ وە چۆن ئەم کارەیان بەشەڕ لەگەل ﷲ دا حیساب ناکەن؟! ئەی مرۆڤ بیربکەرەوە تا فرسەتت ماوە بزانە کێ دروستی کردویتو بۆچی دروستی کردویت؟ بەڵێ ئا لەو ڕۆژەدا تاوانبارانو یاخی بوان لە فرمانی ﷲ دەزانن چییان کردوەو قەپ بە دەستی خۆیاندا دەکەنو پەشیمان دەبنەوە بەڵام بێ سودە.

(٩٠) بێگومان کە ﷲ فرمان ئەدات بە دادپەروەری لە وتارو کردارو کێشانەو پێوانەداو فرمان ئەدات بە چاکە، واتە: هەر شتێك چاك بێ خوا فرمان ئەدات بە ئەنجام دانیو فرمان ئەدات بە بەخشینی ماڵ بە نزیکان لە خزمو هاوسێ کە بۆ خزم چاکە دوو بەرانبەرە هەم چاکەیە هەم خزمایەتییەو بەرگری دەکات لە داوێن پیسیو ئیشی خراپەو ستەم ﷲ ئامۆژگاریتان دەکات بەلکو ئێوەش بیر بکەنەوەو واز لەتاوانو ستەمو خراپە بهێننو خۆشبەختی هەردوو دنیا بەدەست بهێنن. بەراستی ئەم ئایەتە پیرۆزە بەشێوەیەکی کورتو ڕۆشن هەمو گۆشەکانی ژیان ئەگەرێتەوەو هیوادارم بەچاکی تەماشای بکەنو سودی لێ وەرگرن .

(٩١) وەفا بکەن بەو پەیمانەی کە ئەیدەن بە ﷲو جێ بەجێی بکەنو هەر کاتێك کە پەیمانتاندا سوێندەکانتان هەڵنەوەشێننەوە دوای ئەوەی کە زیاتر پتەوترتان کردوەو بڕیاری جێ بەجێ کردنتان داوە، وەبەحەقیقەت ئێوە خواتان کردوە بەپاڵ پشتو زامن لەسەر بەڵێنو سوێندەکانتان، ئیتر چۆن ئەتوانن هەڵی بوەشێننەوە؟ بێگومان ﷲ دەزانێت کە ئێوە چی دەکەن.

(٩٢) جا ئێوە وەك ئەو ئافرەتە مەبن کە ریسەکەی خۆی پاش ئەوەی کە دەیرێساو بتەوو بەهێزی دەکرد هەڵی دەوەشاندەوە کە بە سوێندو پەیمان بەستنەکانتان خۆتان توندو تۆڵ بکەن کەئەمە شتێکی باشە بەڵام لەپاشدا لەبەر بەرژەوەندییەکی دنیایی هەڵیوەشێننەوە، کە ئێوەش سویندەکانتان ببێت بەهۆی خیانەت لە نێوانتاندا لەبەر ئەوەی گەلێکی زۆرترو بەسام تر لە گەلێکی تر هەبێت، واتە: لە کاتی کەم دەسەڵاتیو لاوازیدا سوێند ئەخۆن بۆ کەسانی بەهێزتر لە خۆتان بەڵام هەر کە دیتان خۆتان بەهێز ترن ئەکشێنەوەو خیانەت بەوەی پێشو ئەکەن، کە ئەمە خیانەتەو موسڵمان نابێ خیانەت لە یەکتر بکاتو یەکتر لاوازو بێ هێز بکات بەڵکو پێویستە زیاتر یەکتر

وَلَا تَتَّخِذُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا بَيۡنَكُمۡ فَتَزِلَّ قَدَمُۢ بَعۡدَ ثُبُوتِهَا
وَتَذُوقُواْ ٱلسُّوٓءَ بِمَا صَدَدتُّمۡ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَلَكُمۡ عَذَابٌ
عَظِيمٞ (٩٤) وَلَا تَشۡتَرُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ ثَمَنٗا قَلِيلًاۚ إِنَّمَا عِندَ ٱللَّهِ
هُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (٩٥) مَا عِندَكُمۡ يَنفَدُۖ
وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٖۗ وَلَنَجۡزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓاْ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ
مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ (٩٦) مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ
أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ
أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ (٩٧) فَإِذَا قَرَأۡتَ ٱلۡقُرۡءَانَ
فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ (٩٨) إِنَّهُۥ لَيۡسَ لَهُۥ سُلۡطَٰنٌ
عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ (٩٩) إِنَّمَا
سُلۡطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوۡنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشۡرِكُونَ
(١٠٠) وَإِذَا بَدَّلۡنَآ ءَايَةٗ مَّكَانَ ءَايَةٖ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ
بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مُفۡتَرِۭۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ
(١٠١) قُلۡ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلۡحَقِّ لِيُثَبِّتَ
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهُدٗى وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ (١٠٢)

بەهێز بکەن، خوای باڵادەست ئێوە تاقی دەکاتەوە بەوەی کە ئایا ئێوە پەیمانو سوێندەکانتان هەڵئەوەشێننەوە یان بەچاکی ئەنجامی ئەدەن؟ وە ئەو زیادو کەم کردنەوەی هێزو دەسەڵاتەش هەر تاقی کردنەوەیەو دڵنیا بن کە خوای باڵا دەست سەرئەنجام لە ڕۆژی قیامەتدا ئەم ڕاستیانەی کە ناڕێکن تێیدا کە هاتنی قیامەتو حیسابو کیتابە بۆتان ڕۆشن دەکاتەوە، جا ئەوکاتە دەزانن چیتان کردوە. گوایە دەڵێن لە مەکەدا ئافرەتێك هەبوە کە بەیانی تا ئێوارە ڕێسی ئەڕێساو دووبارە خاوی دەکردەوە واتە: ئیشێکی بێ سوودی دەکرد، بەداخەوە زۆرێك لە موسڵمانانی ئەمڕۆ ئاوەها ڕەفتار دەکەنو وەك گوڵە بەرۆژە هەردەم ڕوویان لەلایەکەو بیجگە لە سوکیو تاوانباری هیچ بەرهەمێکی تریان دەست ناکەوێت. جا بۆ ئەوەی چاکتر بزانین کە ئەمانە تاقی کردنەوەن خوای گەورەیە دەفەرموێ:

(٩٣) ئەگەر ﷲ ئارەزۆی لێ بوایە ئەیکردن بەیەك گەلو هەموتان یەك قسەئەبون بەڵام خوا گومرا دەکات ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێتو ڕێنمایش دەکات ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت، لێرەدا بە دوو مانا دەگونجێت:

یەکەمیان: ڕێنمایو گومڕاهی تەنها بە دەست خوایە دووەمیان:خوا ناو دەرونی مرۆڤ ئەناسێ کێ بەخوای خۆی ڕازیە ڕێنمای دەکات وەکێیش دژی خوایە گومڕاهی دەکات. دڵنیا بن کە پرسیارتان لێ ئەکرێت لەو ئیشانەی کە دەیکەن.

(٩٤) نەکەن سوێندەکانتان بکەن بەهۆی خیانەت لە نێوان خوتاندا، جا پێ هەڵگەوێتو شکست بخوات پاش بتەو بونی،واتە: بە سوێندی درۆ خیانەت لە یەکتر مەکەنو پاش بەهێز بوون خۆتان لاوازو بێ هێز مەکەن بەهۆی لەیەك دابڕانتانەوە، ئایندەیەکی خراپتان ئەبێ چونکە ئێوە ڕێگای بڵاوبونەوەی ئاینی خواتان گرتوەو بوون بەربەستێك لەڕێگای خوادا، وە بۆ ئێوە هەیە سزایەکی گەورە،چونکە ئەو هەمو تاوانانەتان ئەنجام داوە لە پەیمان شکێنیو سوێندی درۆ خواردنو جیابونەوە لەیەكو لاواز کردنی ڕیزی باوەڕداران. جارێکی تر ﷲ پەیمان شکێنیەکانیان باس دەکات ودەفەرموێ:

(٩٥) ئەوسا پەیمانەکانی ﷲ مەفرۆشن بە نرخێکی کەم، واتە: کاتێ پەیمان بەﷲ ئەدەن نەکەن بەسەروەتو سامانو ناوو پلەی دنیا بیگۆڕنەوە، چونکە هەر ئەوەی کە لەلای (ﷲ)یە چاکە بۆ ئێوە ئەگەرئەم حەقیقەتە بزانن.

(٩٦) ئەوەی کە لەلای خۆتانە لەسەروەتو سامانو پلەو ناوو شۆرەت هەموی لە ناو ئەچێتو نامێنێت، وە ئەوەی کەلەلای خوایەو بۆ ئەوتان ئەنجام داوە هەر ئەوە ئەمێنێتەوە بۆ تان، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ: جا بەراستی ئێمە پاداشت ئەدەین بەو کەسانەی کە خۆیان گرتوە لە سەر بەندایەتیو دوور کەوتنەوە لە تاوانو ئارام بون لەکاتی هاتنی ئێشو ئازاری دنیایی بەسەریاندا بە پاداشتێکی جوانترو چاکتر لەوەی کە کردویانە .

(٩٧) ئەو کەسەی کە ئیشی چاکی کرد پیاو بێت یان ئافرەت، ئەو کەسە باوەڕدار بێ ئێمە ئەیژێنین لە دنیادا بە ژیانێکی پاكو خاوێن لە داوێن پیسیو حەرام خۆریو خیانەت کاریو پاداشیان ئەدەینەوە بە جوانتر لەوەی کە خۆیان ئەنجامیان داوە، پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ:{ إِنَّ اللهَ لَا يَظْلِمُ مُؤْمِنًا حَسَنَةً يُعْطَى بِهَا فِي الدُّنْيَا وَيُجْزَى بِهَا فِي الْآخِرَةِ وَأَمَّا الْكَافِرُ فَيُطْعَمُ بِحَسَنَاتِ مَا عَمِلَ بِهَا لِلَّهِ فِي الدُّنْيَا حَتَّى إِذَا أَفْضَى إِلَى الْآخِرَةِ لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسَنَةٌ يُجْزَى بِهَا /مسلم واحمد/بەراستی خوا ستەم لە هیچ باوەڕدارێك ناکات بۆ هیچ چاکەیەك کە لە دنیادا ئەیکات بەهۆی ئەو چاکەوە چاکەی لەگەڵدا ئەکرێ لەدنیاداو لە ڕۆژی دوایشدا پاداشی پێ ئەدرێتەوە لەسەر ئەو چاکەیە، بەڵام بێ باوەڕ بەهۆی ئەو چاکانەیەوە کە لەبەر خوا ئەنجامی داوە ڕۆزیو خواردەمەنی پێ ئەدرێ لەدنیادا تا ئەو کاتەی کە چوو بۆ ماڵی دوایی هیچ چاکەیەکی بۆ نەمێنێتەوە کە پاداشی پێ بدرێتەوە} واتە: باوەڕدار خوا بە زیادەوە فەزڵی خۆی جگە لەوەی کە لەسەر چاکەکانی ژیانی دنیای بۆ چاك دەکات پاداشتی قیامەتیشی بە چاکتر لەوەی خۆی ئەداتەوە بەڵام دادوەرانە لەگەڵ بێ باوەڕاندا حیساب دەکاتو هەرچی چاکە بکەن خوا لەدنیادا ڕۆزیو خواردنو ژیانی چاکیان پێ ئەدات لەسەر چاکەکانیان بەڵام لە فەزڵو بەرەکەتی خۆی بێ بەشیان دەکات لە پاشەڕۆژدا . ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(٩٨) هەر کاتێ ویستت قورئان بخوێنی پەنا بگرە بە خوا لە شەیتانی دەرکراو لە ڕەحمو سۆزی خوا، واتە سوننەتە هەرکاتێ کەسێ ویستی قورئان بخوێنێ بڵێ ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾ تا خوا دوری بخاتەوە لە خەتەراتی شەیتان وبەئارامو تێ فکرانەوە ئەو قورئانەی بخوێنێ بەڵکو سودی لێ وەرگرێت.

(٩٩) بێگومان کە شەیتان هیچ دەسەڵاتێکی نیە بەسەر ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو تەنها بەخوای خۆیان پشت دەبەستن کە ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ ﴾ بەڵگەی پشت بەستنێتی بەخوا، واتە: مادام ڕاست بکەیت لە پشت بەستن بەﷲ ئیتر مەترسە لەشەڕی شەیتان.

(١٠٠) چونکە شەیتان دەسڵاتی هەر بەسەر کەسانێکدا هەیە کە خۆیان شەیتان دەکەن بەسەرپەرستو ڕەئیسی خۆیان وئەوانەیش کە بەهۆی فێڵو فڕی شەیتانەوە هاوەڵیان بۆ خواداناوەو موشریکن، ئینجا ﷲ بەرپەرچی گومانێکی بێ باوەڕان ئەداتەوەو دەفەرموێ:

(١٠١) جا هەر کاتێك ئێمە ئایەتێك دانێین لە جێاتی ئایەتێکی تردا لە بەر بەرژەوەندییەكو تاقی کردنەوەیەك کە خۆمان ئەیزانین ـ وەخوا زاناترە بەوەی کەرەوانەی دەکات لەکەسانی تر ـ دەڵێن: تۆ ئەی محمدﷺجگە لە مرۆڤێکی درۆزن شتێکی تر نیت، واتە: هەندێ جار ئەیان وت پێغەمبەر درۆزنە هەروەك ئەیان وت: جادوگەرو پێشبینی کەرو شاعیرە جا وا سەریان لێ تێك چوبو هەر ڕۆژەی جۆرە قسەیەکی ناشیرینیان ئەکرد، جا خوا دەفەرموێ: واز بێنە لەو قسانە: بەراستی زۆربەی ئەوان نازانن حەقو ناحەق کامەیە ونەفامنو نازانن چی دەڵێن: بۆیە ئەم قسە پڕوپوچانە دەکەن.

وَلَقَدۡ نَعۡلَمُ أَنَّهُمۡ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٞۗ لِّسَانُ
ٱلَّذِي يُلۡحِدُونَ إِلَيۡهِ أَعۡجَمِيّٞ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيّٞ
مُّبِينٌ ﴿١٠٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَا يَهۡدِيهِمُ
ٱللَّهُ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٠٤﴾ إِنَّمَا يَفۡتَرِي ٱلۡكَذِبَ ٱلَّذِينَ
لَا يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ
﴿١٠٥﴾ مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ
وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا
فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿١٠٦﴾
ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ
وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٠٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ
ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَسَمۡعِهِمۡ وَأَبۡصَٰرِهِمۡۖ
وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ ﴿١٠٨﴾ لَا جَرَمَ أَنَّهُمۡ فِي
ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿١٠٩﴾ ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ
لِلَّذِينَ هَاجَرُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا فُتِنُواْ ثُمَّ جَٰهَدُواْ
وَصَبَرُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١١٠﴾

(١٠٢) ئەی محمدﷺ بڵێ: جبرەئیلی پاكو پیرۆز لەلایەن پەروەدگارتەوە بۆ بەمەبەستێكی راستو رەوا ئەم قورئانەی هێناوە تا ئەو كەسانەی كە باوەڕیان پێ هێناوە بەگوڕو بەتین تر بكات ورێنمایو موژدەر بێت بۆ موسڵمانان بە بەهەشتی هەتاهەتایو رەزامەندی ﷻ،

(١٠٣) جا بەحەقیقەت ئێمە ئەزانین كە ئەوان دەڵێن: ئەوەی كە محمدی فێری ئەو قورئانە كردوە بەشەرێكە، ﷻ دەفەرموێ زمانی ئەو كابرایەی كە ئەوان دەڵێن: ئەم قورئانەی بە تۆ وتوە عەجەمەو عەرەبی نازانێت دەی خۆ ئەمە بە زمانێكی عەرەبیەو رۆشن كەرەوەی راستو ناراستە ئیتر چۆن دەڵێن: ئەو كابرا عەجەمەی كە بە باشی ناتوانێت بە عەرەبی قسەبكات ئەم قورئانە رەوانورۆشنەی بە تۆ وتوە؟! دەی خۆ ئەوان عەرەبن ئەگەر ئەتوانن باسورەتێكی وەك ئەم قورئانە بهێننوكاری خۆیان لەگەل تۆدا ببرنەوە، یان واز لەم درۆو دەلەسەیە بهێنن؟! ئەڵێن: پیاوێكی غەیرە عەرەب لەمەكەدا ئاسنگەری دەكردوشارەزای تەورات بوو پێغەمبەرﷺجارجارێك دەچو لەلای دادەنیشت جا بت پەرستانی مەكە دەیانگوت ئەو ئەم قورئانە بەمحمد دەڵێت، جا خوا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە.

(١٠٤) بەراستی ئەو كەسانەی كە بە ئایەتەكانی خوا باوەڕیان نیە، خوا رێنماییان ناكاتو باوەڕ ناهێنن وبۆ ئەوان هەیە لە رۆژی قیامەتدا سزایەكی دەردناك.

(١٠٥) بێگومان كەسانێك درۆ دروست دەكەن كە باوەڕیان نیە بە نیشانەو بەڵگەكانی دەسەڵاتو هێزی ﷻو هەر ئەوانەن كەدرۆزنن، جا كەسێك كە پێغەمبەری خوا بێ چۆن درۆ دەكات؟

(١٠٦) خۆ كەسێك درۆ دەكات كە كافر بێت بە خوا پاش ئەوەی كە باوەڕی هەبوەو پاشگەز بووبێتەوە، واتە:درۆزن تەنها لەناو كافراندایە بەڵێ:درۆ مرۆڤ ئەوەندە بێ نرخ دەكات ئەبێ تەنها لەناو كافراندا پەیدای بكەیت بەڵام ئەو كەسەی كە زۆری لێ ئەكرێت كە خۆی كافر بكاتو دڵی ئارامە لەسەر خوا پەرستیو ئاین ناچێتە ریزی درۆزنانەوە، بەڵام كەسێك دەبێت بە درۆزنو درۆ هەڵ ئەبەستێت كە دڵی زۆر شادو خۆش بێت بەكوفر، جا لەسەر ئەو كەسانە توڕەیو رقی خوا هەیەو بۆ ئەوان سزایەكی گەورە هەیە. وە ئەم ئایەتە دەڵێن: دەربارەی عەممار هاتوە لەكاتی خۆی لەگەڵ دایكو باوكی وكۆمەڵێكی لاوازی تری وەك بیلالو خەبابو سالم، زۆرسزادرانو یاسری باوكی وسومەیەی دایكی شەهید كرانو عەماریش لەپاش ئەوە چییان پێ وت بۆ ئەوەی لە مردن خۆی رزگار بكات وتی: بەڵام دڵی هیچ نەگۆڕا بوو پاش رزگار بوونی شكاتی قسەكانی خۆی لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ كردو پێغەمبەر فەرموی: {كَيْفَ تَجِدُ قَلْبَكَ /البيهقي، الحاكم/ دڵت چۆن بو وتی: ئارام بو لە ئیمان، فەرموی: { فَإِنْ عَادُوا ، فَعُدْ/ ئەگەر دووبارە گەڕانەوە بۆ سزادانت تۆش هەمان قسە بكە} ئەگەرچی ئەم فەرمودەیە ئیبوكسیر لە (ارشاد الفقيه) بە صەحیحی داناوە بەڵام ئەلبانی بە (مرسل) دای ناوە. بەڵێ چاكترو بەنرختر ئەوەیە كە مرۆڤ لەسەر بیرو باوەڕی خۆی راوەستێت ئەگەر چی بزانێت لەسەر ئەو خۆگریەی گیان لەدەست دەدات وەك چۆن ئیبنوعەساكیر لە بارەی عەبدوڵای كوڕی حوزافەی سەهمی كەیەكێكە لەیارانی پێغەمبەرمانﷺ ئەگێڕێتەوە كەرۆم گرتی و بردیانە لای پاشاكەیان ئەویش پێی وت: ببە بەگاور من ئەتكەم بە هاوبەشی خۆم لەهەمو سەروەتو سامانداو كچەكەی خۆمت پێ ئەدەم، وتی: ئەگەر تەواوی مولكی خۆتو مولكی عەرەبیشم پێ بدەیت لەسەر ئەوەی كەبگەڕێمەوەلەم ئایینەی محمدﷺیەك چاو برِكەیەكیش بێت نایكەم، پاشان وتی:ئەتكوژم،وتی:ئەوە بە

کەیفی خۆتە، فرمانی دا هەڵبەسراو وتی بەتیر ئەندازان: تیری تێ بگرن بۆ نزیکی دەستو قاچیو خۆیشی هەرخەریك بوو قسەی لەگەڵ دا ئەکرد کەبیکات بەگاور ئەو هەر لەسەر قسەی خۆی سوربو، لە پاشان وتی: دایگرن، ئینجا فرمانی دا تێرەیەکی گەورەی پڕ لەئاوی کوڵێنراوی بۆئامادەکراو دوو گیراوی موسڵمانی بۆ هێنراو خستیە ناویەوە هەر زۆر زوو تەنها ئێسقانەکانیان مایەوە دیسان پێی وتەوە ببە بەگاور ئەو هەر بەگوێی نەکردو قسەکەی لێ وەرنەگرت جا فرمانی دا کە ئەویش بخەنە ناویەوە هێنایانو لفیان کرد کە بیخەنە ناویەوە، ئەوکاتەدا گریا، پاشا تەماعی تێ کردو دیسان بانگی کردەوە بۆ گوربوون، چونکە وایزانی کە ترساوەو پەشیمان بوەتەوە وتی: من بۆیە گریام چونکە تەنها یەك گیانم هەیە پاش چەند دەقیقەیەك تەواو ئەبێ لەسەر رێبازی ﷲ من پێم خۆشبو بە ئەندازەی هەمو موەکانی لەشم ئەوەندە گیانم ببوایەو یەك لەپاش یەك سزابدرایەم لەسەر ﷲ، لەریوایەتی تردا هاتوەکە خستیەبەندیخانەوەو چەند رۆژێك هیچی پێ نەدا لە پاشا عارەقو گۆشتی بەرازی بۆنارده بەندیخانەوە ئەویش نزیکی نەبوەوە لەپاشا بانگی کرد وتی: بۆنەت خوارد؟ وتی: خۆئەوە حەڵاڵە بۆ من چونکە برسیو ناچاریە بەڵام من شتێ ناکەم کەتۆ کەیفو خۆشبی پێم پاشا وتی: سەرم ماچ بکە ئازادت دەکەم وتی: هەمو گیراوە موسڵمانەکانم لەگەڵدا ئازاد دەکەیت؟ وتی: بەڵێ. جا هەستاو سەری ماچ کرد، ئەویش خۆیو هەمو موسڵمانە گیراوەکانی تری لەگەڵ دا ئازاد کرد. جا کاتێ گەڕایەوە عومەری کوڕی خەتاب ﷺ وتی پێویستە هەمو موسڵمانێك سەری عەبدوڵای کوڕی حوزافە ﷺ ماچ بکاتومن پێش هەموتان ئەکەوم، هەستاو سەری ماچ کرد، خوا لە هەموویان خۆشببێ بەراستی ئایینی خوا کەڵە پیاوانی ئاوا لێهاتوو نەبەز پاراستویانەو ئابەو شێوە تەواوو پاکە بە ئێمە یان گەیاندوە بەڵام بەداخەوە ئەی ئێمە چیمان لێ کرد (إِلَى اللهِ الْمُشْتَكَى) بۆ خراپی وەزعمان ودووری لەئاینمان. بەڵێ ئەوانەی کە دڵیان خۆشە بەبێ دینی بەر نەفرینو رقی خودا کەوتن چونکە،

١٠٧ ئەوانە ژیانی دنیایان پێ خۆشەو هەڵیان بژاردوە بەسەر ژیانی دوا رۆژداو کافر بوون وبێگومان خوایش رێنمای گەلی بێ باوەڕو کافران ناکاتو نایان گەیەنێتە بەهەشتو خۆشبەختی،

١٠٨ جا ئەوانە کەسانێکن کە خوا دڵەکانیان وگوێکانیان وچاوەکانیانی مۆر کردوەو حەق وراستی وەرناگرنو نایبیسنو نایبینن، هەرچەند خاوەن دڵو گوێ وچاویشبن بەڵام وەك شێتو کەڕو کوێر وانو ئەوانە کەسانێکن کە بێ ئاگانو لەبێ ئاگای خۆیان سەریان لێ شێواوە وەك کابرای مەستو سەرخۆش نازانن چی روودەدات لە چواردەوریاندا هەتا لەم ژیانەدا دەر دەچن.

١٠٩ شتێکی حەقو نە گۆڕاوە کە ئەوانە لە رۆژی دوایدا لەریزی زیان لێ کەوتو رەنجەڕۆیانن. بەڵێ پاش باسی خراپانو سزاکانیان باسی پیاو چاکانو پاداشتەکانیان دەکات ودەفەرموێ:

١١٠ لەپاش ئەوەی کەپاداشی کافرەکانتان زانی بزانن بەراستی خوای تۆ بۆ ئەو کەسانەی کە کۆچ ئەکەن لەبەر خاتری خوا دوای ئەوە کە توشی ئێشو ئازار بوون لەپاش ئەوە دەست بەجیهاد ئەکەنو کۆڵ نادەنو خۆیان ناشارنەوەو خۆ ئەگەرن لەسەر ئەو ئێشو ئازارەی کەدێتە رێگایان خوا لە تاوانیان خۆش ئەبێ چونکە بەراستی خوای تۆ دوای ئەوئیشە جوانو بە نرخانە زۆر لێ بوردەو میهرەبانە بەرامبەر بەبەندە چاکەکانیو پاداشی چاکیان پێ ئەدات.عیکرەمە لەعەبدوڵای کوڕی عەباسەوە هێناویەتی کە تاقمێك لەخەڵکی بەنهێنی موسڵمان بوونو لەرووداوی بەدردا کەبت پەرستەکان هێنا بوونیان هەندێکیان بریندار بوونو هەندێکیشیان کوژران، جا موسڵمانەکان وتیان: ئەوانە برایانی ئێمە بوونو موسڵمان بون، داوای لێخۆشبونیان بۆکردن، جا ئایەتی ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمۡۖ قَالُواْ كُنَّا مُسۡتَضۡعَفِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ قَالُوٓاْ أَلَمۡ تَكُنۡ أَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٗ فَتُهَاجِرُواْ فِيهَاۚ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴾ النساء: ٩٧ دابەزی جا ئەم ئایەتە نوسرا بۆ ئەوانەی کە مابوونەوە لە(مەکە)دا کە بەهانە نەما، ئینجا ئەوانیش دەرچون بەرەو مەدینەو بت پەرستان پێیان گەیشتن دیسان بەرەو بت پەرستان گەڕانەوە جا ئایەتی ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِيَ فِي ٱللَّهِ جَعَلَ فِتۡنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ وَلَئِن جَآءَ نَصۡرٞ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمۡۚ أَوَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَعۡلَمَ بِمَا فِي صُدُورِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ العنكبوت: ١٠ دابەزی جاموسڵمانان ئەمەیشیان بۆنوسین ئینجا بەنائومێدی لەهەموو چاکەیەك بەرەو مەدینە

دەرچون لەپاشان ئەم ئایەتەی بەردەستمان دابەزی: ﴿ ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا فُتِنُوا۟ ......﴾ وموسڵمانان بۆیان نوسین کە خوا دەرگای رەحمەتی حۆی لێ کردنەوە، جا لەکاتی دەرچونیاندا بت پەرستان هاتنە رێگایانو بەشەڕ هاتن هەندێکیان رزگار بوونو هەندێکیشیان شەهید بوون.

(١١١) لەو رۆژەدا کەوا هەمو کەسێك تەناتەت پێغەمبەرانیش جگە لە پێغەمبەرمان ﷺداوای رزگار بوونی نەفسی خۆی دەکاتو کەسی تری لەبیرا نامێنێ ئەوەندە رۆژێکی سەختو گرانە، وەهەمو کەسێك چی کردوە لەچاكو خراپ پاداشەکەی بەتەواوی پێ ئەدرێت وە ئەوان ستەمیان لێ ناکرێت.

(١١٢) جا خوا وێنە دەهێنێتەوە بەشارێك یان دێهاتێك کە بێ ترس لە ئەمنو ئاسایشدا بژینو رۆزی زۆرو فرەوانی بۆ بێت لەهەمو لایەکەوەو بۆ هیچ شتێك دانەمێنێن کەچی خەڵکی ئەو جێگایە ناسوپاسی خوا بکەنو ئەم هەمو نیعمەتانەیان بە هیچ نەزانن،لەبەر ئەوە خوای باڵادەست بەرگی برسێتیو ترسی کردوەتە بەریان بەبۆنەی ئەو ئیشانەی کە دەیانکرد، ئەم وێنەیە هی خەڵکی مەکە بوو کە خەڵکی زۆر رێزی لێ ئەگەرتن لەسەر بونی ئەو ماڵەی خواو لەهەمو لایەکەوە بەلێشاوی نیعمەتی خوایان بۆ ئەهاتو هەرلە خۆیان خودا پێغەمبەریشی بۆناردن کەچی ئەوان نمەك نەناس بونو دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەیان کردو پێغەمبەریانﷺلەو شارە پیرۆزە دەرکردو پێغەمبەریش ﷺدوعای لێ کردن فەرموی: { اللّهُمّ اشْدُدْ وَطأتَكَ على مُضَرَ؛ اللّهُمّ اجْعَلْها عَلَيْهِمْ سِنِينَ كَسِنِيِّ يُوسُفَ/ متفق عليه/ ئەی خوایە سزای خۆت توند بکەیت لەسەر قورەیشو ساڵانێکی وەك ساڵەکانی یوسف بدەیت بەسەریاندا} بەڵێ خەڵکی لەمەکەدا لە جیاتی ئەوەی لەهەموکەس چاکترو زۆرتر بەدەم پێغەمبەرەوە بهاتنایە چونکە خوا رێزی بەوان دابو کەچی ئەیان وت: ئەگەر ئێمە بەگوێی تۆ بکەین هەمو خەڵك پەلامارمان ئەدەنێو لەناومان ئەبەن، وە چەندین ستەمیان لە پێغەمبەرﷺ و موسڵمانەکان کردو پاشان خوا توشی قاتو قڕی کردن، ئەگەر چی ئەم سورەتە لەمەکەدا هاتوەو پێغەمبەرمان کاتێ هاتوتە مەدینە ئەم دوعایەی لێ کردون ئەگونجێ لەو کاتەدا کەئەم ئایەتە هاتوەتە خوارەوە ﷻ وەك وێنەیەك باسی کردوە بۆ قورەیشو لەپاشدا ماناکەی

۞ يَوْمَ تَأْتِى كُلُّ نَفْسٍ تُجَـٰدِلُ عَن نَّفْسِهَا وَتُوَفَّىٰ كُلُّ
نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (١١١) وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا
قَرْيَةً كَانَتْ ءَامِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا
مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ ٱللَّهِ فَأَذَٰقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ
ٱلْجُوعِ وَٱلْخَوْفِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ (١١٢) وَلَقَدْ
جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْهُمْ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمُ ٱلْعَذَابُ وَهُمْ
ظَـٰلِمُونَ (١١٣) فَكُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَـٰلًا طَيِّبًا
وَٱشْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ (١١٤)
إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ
أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ۖ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ
ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (١١٥) وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ
ٱلْكَذِبَ هَـٰذَا حَلَـٰلٌ وَهَـٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۚ
إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ (١١٦) مَتَـٰعٌ قَلِيلٌ
وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (١١٧) وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ حَرَّمْنَا مَا قَصَصْنَا عَلَيْكَ
مِن قَبْلُ ۖ وَمَا ظَلَمْنَـٰهُمْ وَلَـٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (١١٨)

لەخوایاندا هاتوەتە دی یان ئەم ئایەتە لەپاش ئەو دوعایەی پێغەمبەرﷺدابەزی بێت،والله اعلم.

(١١٣) خۆ بەراستی هاتەلای ئەوان نێرراوێك لە خۆیان کە محمدی ﷺکوڕی عەبدوڵا بوو چاکیان ئەناسیو بە ژیرو دەمو دەست پاكو بەناوبانگ بوو لەناویاندا کەچی ئەوان بەدرۆیان خستەوەو باوەڕیان پێ نەکرد، جا لەبەر ئەوە سزای خوایان پێ گەیشت ئەوە بوو لە بەدردا ئەو حەفتا کەسە بەناوبانگەیان لەناوچوو کە ئەبوجهل یەکێك بو لەوان وحەفتایشیان بەدیل گیرا، وەئەوان ستەمکار بوون. ئینجا خوای میهرەبان دەفەرموێ

(١١٤) جا لەو حەڵاڵو پاکەی کەﷻ کردویەتی بەرۆزیتان بخۆنوسوپاسی نیعمەتی ﷻ بکەن ئەگەر ئێوە تەنها ئەو ئەپرستن. لێرە وادەرئەکەوێت کە شتەحەڵاڵەکان پاکنو شتە قەدەغەکراوەکان پیسن چونکە خوا لەسەنای پێغەمبەرماندا ﷺ فەرمویەتی: هەمو پاکەکانی بۆ رەواو حەڵاڵ کردون، وە هەمو پیسەکانی لێ قەدەغەکردون.

(١١٥) خوای میهرەبان ئەوەی کە حەرامی کردوە لێتان تەنها مرداره بوەو خوێنو گۆشتی بەرازەو ئەوەش کە سەر ئەبڕێت بۆ غەیری خواو مەبەستێکی تری تێکەڵ ئەبێ، ئاشکرایە

ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ تَابُواْ مِنۢ
بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٌ ١١٩
إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةٗ قَانِتٗا لِّلَّهِ حَنِيفٗا وَلَمۡ يَكُ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ
١٢٠ شَاكِرٗا لِّأَنۡعُمِهِۚ ٱجۡتَبَىٰهُ وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ
١٢١ وَءَاتَيۡنَٰهُ فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗۖ وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ
١٢٢ ثُمَّ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ أَنِ ٱتَّبِعۡ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۖ وَمَا كَانَ
مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٢٣ إِنَّمَا جُعِلَ ٱلسَّبۡتُ عَلَى ٱلَّذِينَ
ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِۚ وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا
كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ١٢٤ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ
وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ
هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦۖ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ١٢٥
وَإِنۡ عَاقَبۡتُمۡ فَعَاقِبُواْ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبۡتُم بِهِۦۖ وَلَئِن صَبَرۡتُمۡ
لَهُوَ خَيۡرٞ لِّلصَّٰبِرِينَ ١٢٦ وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ
وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ
١٢٧ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨

کەخوای میهرەبان هەمو بارو دۆخەکانی ژیانی مرۆڤی لەبەرچاوگرتوەوهەرکەسێ ناچارکرا بەو مەرجەی خۆی مەبەستی ستەم نەبێ ولە سنوریش تێ نەپەڕێ ئەگەر لەوانە بخوات تاوانی ناگات وخوا حیسابی لەسەر ناکات، ئەوسا بێگومان کە ﷻ زۆر لێ خۆشبوو بەرەحمە بەرامبەر ئەوکەسانەی کەناچار ئەکرێن بۆ خواردنی ئەوشتە قەدەغەکراوانە، ئینجا خوا دەفەرموێ:

١١٦ جا با لە خۆتانەوە هەروا بەدەم بەدرۆوە نەڵێن: ئەمە حەڵاڵەو ئەمە حەرامە بەدڵنیاییەوە کە ئێوە درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستن، جا بێگومان ئەوانەی کە درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستن قەت رزگار نابن. واتە:موسڵمان ئەبێ هیچ یاساو بریارێك دانەنێت لە خۆیەوە بەڵکو ئەبێ هەمو ئیش‌و کارو قسەو بریارێکی بەگوێرەی شەرعی خودا بێت، ئەگینا بیدعەچی‌و تاوانبارە.

١١٧ تەنها رابواردنێکی کەمە لەم ژیانەدا ئەوسا بۆ ئەوان سزایەکی دەردناك هەیە.

١١٨ جا لەسەر ئەو کەسانەی کە جولەکە بوون حەراممان کرد لێیان ئەوەی کەلە پێشەوە باسمان کرد بۆت، وە ئێمە ستەممان لێ نەکردون بەڵام ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردوە.باسی ئەوشتەی کەلەسەریان قەدەغە کراوە لە ئایەتی سەدوچل‌وشەشی سورەتی ئەنعام دا هاتوە، لێرەدا مەبەست ئەوشتە قەدەغە کراوانەیە کە لە سورەتەکانی مەکەدا هاتوە. والله اعلم.

١١٩ پاشان بزانە بێگومان خوای تۆ لەو کەسانەی کە بەنەزانی کرداری خراپیان کردوەو هاوبەشیان بۆ خوا داناوە پاش ئەوە گەڕانەوەو تەوبەیان کردو لەکرداری خۆیان پەشیمان بوونەوە وئیشی چاکێان ئەنجام دا، بێگومان پەروەردگارت لەدوای ئەو کردارە خراپانەیان زۆر لێ خۆش بوو بەسۆزەو چاوپۆشیان لێ ئەکات‌و لێیان خۆش ئەبێت.

١٢٠ بەراستی ئیبراهیم خۆی بەتەنهایی یەك گەل بو کەگەردن کەچ بو بۆ ﷻ و لە هەمو رێگەیەکی نارەواو بێ سود لای دابوو بەرەو رێگای حەق‌و ئەو لەموشریکان نەبو ،

١٢١ ئەوسوپاسگوزار بو لەسەر ئەو هەمو نیعمەتانەی خواو خوایش هەڵیبژاردو کردی بەپێغەمبەرو رێنمای کرد بو رێگای راست کە یەکتا پەرستی‌و بەرنامەی پەروەردگاری عالەمە،

١٢٢ جالە دنیادا شتی چاکمان پێ دا لە منداڵی باش‌و شۆرەتی جوان‌و هاوتا کردنی لەگەڵ پێغەمبەرمان دا لە سەڵاوات لێدان دا کە سەڵاواتی ئیبراهیمی لە هەمو سەڵاواتەکانی تر راستڕو چاکترە کە (اللَّهُمَّ صلِّ عَلَى مُحَمَّد وَعَلَى آل مُحَمَّد كَمَا صليت عَلَى إبْرَاهِيم و آل إبْرَاهِيم، وَبَارك عَلَى مُحَمَّد وَعَلَى آل مُحَمَّد كَمَا باركت عَلَى إبْرَاهِيم و آل إبْرَاهِيم فِي الْعَالمين إنَّك حميد مجيد) یەکێکە لەو جۆرە سەڵاواتە ئیبراهیمیانەو موسڵمان هەمیشە لە تەحیاتەکانی نوێژدا ئەیخوێنێت، سەرەرای ئەو چاکانەی کەلەدنیادا بەو بەرێزە دراوە لە رۆژی دوایشدا لەریزی پیاو چاك‌و سالحاندایە.

(١٢٣) لەپاشان وەحیمان کردە لای تۆ ئەی محمدﷺکە تۆش پەیرەوی ئاینی ئیبراهیم بی لە عەقیدەدا کە ئەو ئیبراهیمە لای دابو لە هەمو شتێکی بێ کەڵكو بەتاڵو روبەحەق بوەونەو لە موشریکان نەبوە. جارێکی تر ئەچێتەوە سەر باسی جولەکەو دەفەرموێ:

(١٢٤) رۆژی شەممە هەرلە سەر کەسانێك دانرا کە نارێك بوون لەبارەی رۆژی جومعەوە وبێگومان پەروەردگاری تۆ لەرۆژی قیامەتدا لەنێوان ئەواندا لەبارەی ئەوشتەی کەئەوان نارێکن تێیدا بڕیاری خۆی دەدات، بۆ یاخی بوانو گومڕاهان سزاو بۆ پارێزکارانو چاکانیش پاداشت. واتە: رۆژی جومعە دانرا بۆیان کەتێیدا بحەسێنەوەو ئیش نەکەن ئەوان شەممەیان داناو جومعەیان لەبیر خۆیان بردەوە وەك پێغەمبەرمان ﷺدەفەرموێ:{ إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ الْجُمُعَةَ عَلَى مَنْ قَبْلَنَا فَاخْتَلَفُوا فِيهَا وَهَدَانَا اللَّهُ لَهَا فَالنَّاسُ لَنَا فِيهَا تَبَعٌ غَدًا لِلْيَهُودِ وَبَعْدَ غَدٍ لِلنَّصَارَى /البخاري ومسلم/ بێگومان کەخوا رۆژی جومعەی فەرزکرد لەسەر ئەو کەسانەی کە لە پێش ئێمەدا بوون جا ئەوان نارێکیان تێدا کردو خوا رێنمای ئێمەی بۆ ئەو رۆژە کردو خەڵك لەو رۆژەدا بەدوای ئێمەدا دێن، جولەکە شەممەیان داناو گاوریش یەك شەممە}

بەم شێوە خوای گەورە ئەم گەلەی رێنمای کرد بۆ ئەو رۆژە پیرۆزەو دەمان ترسێنێ لەوەی کەئێمەش وەك ئەوان لەبیری خۆمانی ببەینەوە، بەداخەوە کەئیستا والە هەندێ وڵاتی ئیسلامیدا نزیکە لەبیر ببرێتەوە رۆژی گومڕاهانو لەخوایاخیان کراوە بە رۆژی حەسانەوە؟!

(١٢٥) بانگ بکە بۆ رێگای پەروەردگارت ئەورێگاو رێبازەی کە پێت سپێرراوە بەژیرانەو دانایانە وبە ئامۆژگاری جوانو بەوشەی شیرینو موجادەلەیان لەگەڵدا بکە بە وشەیەکی چاك ترو جوانتر بیگومان کە پەروەردگارت زاناو عالمە بەو کەسەی کەلای داوە لەرێگای ئەو، وەهەر خۆی زاناترە بەوکەسەی کەرێگای راستی گرتوەو لە ریزی رێنمای کراوانە، ئەمە ئامۆژگارییەکە بۆ هەمو بانگەوازکەرانی رێگای ئیسلام لەهەموو سەردەمێکدا ئەبێ بزانن کە بانگ بۆخوا دەکەن نە بۆ خۆیانو خێڵوعەشرەتیان پاداشیان لەلای ئەوە نەك لەلای خەڵكو سەرەنجام هەر راستی سەردەکەوێت بادەیان کۆسپ پیلانیش بخرێتە رێگای. دەڵێن کاتێ پێغەمبەری خوا لەغەزای ئوحودا چاوی بەحەمزەی مامی کەوت کە ناشیرین کرا بوو فەرموی: ئەبێ حەفتا کەس لەوان وەك حەمزە پێ بکەم بەڵام خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردو فەرموی:

(١٢٦) جا ئەگەر تۆڵەتان سەند ئەبێ تۆڵەوەك یەك بێ نابێ زیاتر بێ، وە ئەگەر خۆبگرنو تۆڵەنەسێنن هەر ئەوە بەسودترە بۆ خۆگران، واتە: رێگای نەدا لەتۆڵە سەندندا لە یەکسانی دەربچیت با لەکافرانیش بێت، ئەوەیە دادگەری ئیسلام گەورەترین پاڵەوانی ئیسلامو گەورەی شەهیدانی بەهەشتو مامی پێغەمبەری خواﷺشەهید دەکرێتو گاڵتە بەلاشەکەیشی دەکرێتو دەشێوێنرێتو بکوژیشی ئاشکرایە کەچی ماوە نادرێت لە تۆڵەی یەکسان شتێکی تر زیاتر بکرێت بەڵکو هەڵیشی ئەنێت کە چاوپۆشی بکات، بەراستی پێغەمبەریشﷺ هەردووهەمی هەڵبژاردو بکوژیشی لەکاتی دەسەڵاتدا عەفو کرد، ئادەی لەغەیری موسڵمان لەم جیهانی دیموکراتیوماڤ مرۆڤەدا نمونەیەکی ئاوا بهێنن. ئەم ئایەتە لەمەدینەدا هاتوەتە خوارەوەو لەم سورەتە مەکەییەدا بە فرمانی پێغەمبەرمانﷺ تۆمار کراوەو وێنەی ئەمە زۆرە لە قورئاندا کە سورەتی مەکیەو یەك یان زیاتر لە ئایەتێکی لەمەدینەدا هاتوون یان بەپێچەوانەوە، جا لەبەر ئەوەیە زانینی هۆی دابەزینی ئایەتەکان پێویستە بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کەمانای قورئان ئەکەن تا بەهەڵەدا نەچن لەمانا کردندا،

(١٢٧) جاخۆبگرە وخۆگرتنیشت هەر بە فرمانی ﷲ یەو هەر ئەو زاتەیە یارمەتی تۆ ئەدات لەسەر توانایی خۆراگری، ئەو خۆگرتنەش ئەبێ ئەنجام بدرێ هەروەك چۆن داوای جیهادت لێ دەکات لێرە داوای خۆگرتنت لێ دەکات، ئەنجامدانی هەردووکیان لەجێگای خۆیاندا عیبادەتو خواناسیە وتۆ دڵت تەنگ نەبێت لەو فرو فێڵەی کەئەوان دەیکەن سەبارەت بەخۆتو پەیڕەوانی بەرنامەکەت،

(١٢٨) چونکە بێگومان ﷲ لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کەلە خوا دەترسنو تەقوایان هەیەو چاکەکارن. بەراستی ئەمە موژدەیەکی گەورەیە بۆ ئەوکەسانەی کە پارێزکارو چاکەکارن چونکە خوایان لەگەڵ دایەو هەرکەسێکیش خوای لەگەڵ دا بێ چ باکی هەیە

سُورَةُ الإِسۡرَاءِ ١٧ ١١١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ
إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنۡ ءَايَٰتِنَآۚ إِنَّهُۥ
هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴿١﴾ وَءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ وَجَعَلۡنَٰهُ
هُدٗى لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَلَّا تَتَّخِذُواْ مِن دُونِي وَكِيلٗا ﴿٢﴾
ذُرِّيَّةَ مَنۡ حَمَلۡنَا مَعَ نُوحٍۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَبۡدٗا شَكُورٗا ﴿٣﴾
وَقَضَيۡنَآ إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ فِي ٱلۡكِتَٰبِ لَتُفۡسِدُنَّ فِي ٱلۡأَرۡضِ
مَرَّتَيۡنِ وَلَتَعۡلُنَّ عُلُوّٗا كَبِيرٗا ﴿٤﴾ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ أُولَىٰهُمَا بَعَثۡنَا
عَلَيۡكُمۡ عِبَادٗا لَّنَآ أُوْلِي بَأۡسٖ شَدِيدٖ فَجَاسُواْ خِلَٰلَ ٱلدِّيَارِۚ
وَكَانَ وَعۡدٗا مَّفۡعُولٗا ﴿٥﴾ ثُمَّ رَدَدۡنَا لَكُمُ ٱلۡكَرَّةَ عَلَيۡهِمۡ
وَأَمۡدَدۡنَٰكُم بِأَمۡوَٰلٖ وَبَنِينَ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ أَكۡثَرَ نَفِيرًا ﴿٦﴾
إِنۡ أَحۡسَنتُمۡ أَحۡسَنتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡۖ وَإِنۡ أَسَأۡتُمۡ فَلَهَاۚ فَإِذَا جَآءَ
وَعۡدُ ٱلۡأٓخِرَةِ لِيَسُـُٔواْ وُجُوهَكُمۡ وَلِيَدۡخُلُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ
كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوۡاْ تَتۡبِيرًا ﴿٧﴾

سورەتی ئیسرا ١٧ ١١١

سورەتی ئیسرا كە بە سورەتی (سبحان)و سورەتی (بەنی ئیسرائیلی)ش دەناسرێت سورەتی حەفدەهەمی قورئانە سەدو یانزە ئایەتە، لە مەكەدا هاتوەتە خوارەوە ، وتراوە جگە لە چەند ئایەتێكی نەبێت. وەبەگوێرەی دابەزین وتراوە سورەتی پەنجاهەمەو پاش سورەتی (القصص) و پێش (یونس) دابەزیوە. دایكی باوەڕدان دەڵێت: {كَانَ النَّبِيُّ ﷺ لَا يَنَامُ حَتَّى يَقْرَأَ الزُّمَرَ وَبَنِي إِسْرَائِيلَ/ الترمذي، صححه الالباني/ واتە: پێغەمبەر ﷺهەتا سورەتی زومەرو بەنی ئیسرائیلی نەخوێندایە نە دەخەوت.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

﴿١﴾ پاكو مونەززەهیو بێ عەیبی بۆ ئەو زاتەیە كە شەوڕەوی كرد بە بەندەی خۆی لە مزگەوتی مەكەوە بۆ ئەو مزگەوتەی بەیتولموقەدەسەی كە خۆیو جواردەورەكەیمان بە پیتو بەرەكەت كرد بە پێغەمبەرانی زۆرو ئاوو هەواوی چاكو بەروبوومی زۆر، جا ئەم شەوڕەوییەمان كرد بە محمد ﷺ تا لە نیشانە كانی گەورەییو زانایی خۆمانی پێشان بدەین، بێگومان راستی ئەوەیە كە ئەو زاتە زۆر بیسەرو بینەرە. ئەم ئایەتە باس لەشەوڕەوی پێغمبەرمان ﷺ دەكات كە پێش هیجرت روی داوە، بەڵام لەسەر ئەوەی كە ئەم روداوە لە چ ساڵێك پێش هیجرتو چ مانگێك رووی داوە لە نێوان زانایانان بۆچونی جیاواز هەیە،(اسراء) واتە: شەوڕەوی كردن لە مەكەوە بۆ بەیتولموقەدەس، میعراجیش رۆیشتنی پێغەمبەرمانە ﷺ لە بەیتولموقدەسەوە بۆ ئاسمان، لەم ئایەتەدا شەوڕەوی پێغەمبەر لە مەكە تا دەگاتە بەیتولموقەدەس باس كراوەو هەركەسێك ئینكاری بكات كافر دەبێت، وە میعراج واتە: پەیژە ، كە مەبەست پێی بەرز بونەوەی پێغەمبەرە ﷺ لە بەیتولموقەدەسەوە بۆ ئاسمانەكانە بەو پەیژەیە كە خوا دەزانێت چۆن بووە لە سورەتی نەجم دا بەم روداوە ئاماژە كراوەو حەدیسانێكی زۆریش باسیان لێوەكردوە ، جا ئەوەی كە حەدیسەكانی بەلاواز داناوەو هەندێ قسەی تێدا كردوە، وە بڕیاری كوفری لەسەر نەدراوە، بەڵام ئەوەی كە حەدیسەكانیان بەپلەی {سەحیح یا حەسەن} زانیوەو سەرەڕای ئەوەش ئینكاری بكات پێی كافر دەبێت والله اعلم. وە دیارە ئەم روداوە بەخەون نەبوە بەڵكو پێغەمبەر لە حاڵێكدا كە بەخەبەر بوەو بە رۆحو لاشەوە ئەم سەفەرە گەورەیەی كردوە ، چونكە كاتێك كە خەڵكی مەكەی لەم روداوە خەبەر كردەوە زۆریان پێ سەیر بوو ئینكاریان كرد، ئەگەر خەون بوایە ئەوندە جێی سەرسوڕمان نەدەبوو بە موعجیزەیش حیساب نەدەكرا، ئەم روداوە بەكورتی بەم شێوەیەبو كە پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ شەوێك لە ماڵی (ئومو هانیئ) ئامۆزای لە پەنای كەعبەدا خەوتبو بەهۆی جوبرەئیلەوە {بوراق}ی بۆ رەوانەكرا كەلە گوێدرێژ گەورەترو لە ئێستر بچوكترو سپی رەنگ بوو هەر هەنگاوێكی بەئەندازەی بڕكردنی چاوی بوو پێغەمبەرانی پێشویش سواری ئەو بۆراقە بوون ، جا پێغەمبەری خوا ﷺ سواری بوو تا گەیشتە بەیتولموقەدەسو بەستیەوە بەو جێگایەی كە پێغەمبەرانی پێش خۆی بەو جێگایانەوە بەستبویەوە، پێغەمبەر لە پاش دوو ركات نوێژ بە هاورێیەتی جوبرەئیل سەركەوت بۆ ئاسمان تا گەیشتن بەدەرگای ئاسمانگی یەكەم ،جا دەرگای ئاسمانیان بۆكرایەوە لەو كاتەدا چاوی بە ئادەم كەوت بەخێرهاتنی كردو دوعای

خێری بۆ کرد ،جا هەر بەم شێوەیە بەرەو ئاسمانەکانی ترچونو لە هەر ئاسمانێکدا چاوی دەکەوت بە پێغەمبەرانێك تا گەیشتنە ئاسمانی حەوتەم لەوێشەوە بەرەو پێشگای ﷻ رۆیشتو خوای گەورە وەحی کردەلایو هەر لەوێ پەنجا نوێژی لەسەر خۆی وئوممەتەکەی پێویست کرد بەڵام لەکاتی گەڕانەوەدا گەیشتە موساو باسەکەی بۆکرد موسا پێی وت: بگەڕێرەوە پێشگای ﷻو داوای سوك بوونی لێ بکە من لەناو کوڕانی یەعقوب دا بووم لەوە کەمترم لێ داواکردن نەیانکردو من چاکیان دەناسم، پێغەمبەریش ﷺ لای کردەوە لای جوبرەئیل وەك پرس پێ کردنێك وئەویش وتی: ئەگەر ئارەزۆت لێ هەیە بگەڕێرەوە پێغەمبەریش گەڕایەوە پێشگای ﷻو داوای سوك بونی لێ کرد ﷻ کردی بە چل نوێژو گەڕانەوە تا هاتنەوە لای موساو باسە کەی لێ پرسییەوەو فەرموی: دە نوێژی کەم کردوەتەوە ،وتی: بگەڕیرەوە داوای سوکبوون بکە ئوممەتەکەت لاوازن توانای ئەنجامدانیان نیە ، جا چەند جار بەم شێوەیە ئەم وتو وێژەکرا تا خوای گەورە فەرموی ئەی محمد ئەوە کردم بە پێنج نوێژو هەرنوێژێك بە دە نوێژ حیساب دەکەمو چاکە، یەك بە دەیە ، واتە: لای پەروەردگار هەر پەنجایە بەڵام لە سەر بەندەکان پێنج نوێژ پێویست کراوە ، ئینجا پێغەمبەری ئازیزمان هاتەوە ماڵی (ئومو هانیێ) هێشتا بەتەواوی رۆژ دەرنەکەوتبوو. کە ئەمە معجیزەیەکی زۆر گەورەو گرنگو رێزلێنانێك بوو بۆ پێغەمبەرمانو تاقی کردنەویەکیش بوو بۆ هەمو خەڵك ، جا ئەوەی کە باوەڕداری راستەقینەبوو ئیمانی زیاتر بوو ، وە ئەوەش کە بێباوەڕ بوو ئینکاری کردو باری خۆی قورستر کرد. پەروەردگار پێغەمبەرمان لە بەرزترین و باشکۆترین جێگاکاندا بە وەسفی بەندایەتی یادی لێدەکاتو باسی دەکات وەك لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا ﴾ یان لەمەقامی نیگا کردنە لایدا دەفەرموێ: ﴿ فَأَوْحَىٰٓ إِلَىٰ عَبْدِهِۦ مَآ أَوْحَىٰ ﴾ النجم: ١٠ یان لە مەقامی دەعوەو بانگەوازیدا دەفەرموێت: ﴿ وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبْدُ ٱللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُوا۟ يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا ﴾ الجن: ١٩ وەیان لە مەقامی بەرنگاریو بەرامبەری کردن (التحدی) دەفەرموێ: ﴿ وَإِن كُنتُمْ فِى رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُوا۟ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ البقرة: ٢٣/ واتە: ئەگەر چی محمدمان ﷺ بەو مەقامە بەرزانە گەیاندوە ،بەڵام ئەو هەر بەندەی ﷻیەو بەندایەتی ﷻیش گەورەترین پلەو پایەیە، جا دوا بەدوای ئەوەی باسی{اسراومیعراج}ی کرد باسی موسا پێغەمبەر دەکات ،چونکە چونی موسایش بۆ کێوی تورو قسە کردنی لەگەڵ ﷻدا هاوشێوەی{اسراو میعراج }ی پێغەمبەرمانە ﷺجا دەفەرموێ:

(٢) ئەوسا ئێمە تەوراتمان دا بە موساو کردمان بەرێ پیشاندەر بۆ کوڕانی یەعقوب بۆ ئەوەی کە جگە لە من هیچ پشتیوانێك وەرنەگرنو تەنها من بکەن بە پشتیوانی خۆیانو تەنها بەندایەتی بۆ من بکەن.

(٣) ئەی وەچەی ئەوانەی کە ئێمە هەڵمان گرتن لەگەڵ نوح داو رزگارمان کردن، هاوبەش دانەنێن بۆ ﷻ و سوپاسگوزاربن هەروەك نوح، کە بەراستی نوح بەندەیەکی سوپاس گوزار بوو. باسی نوح دەکات تا بخاتەوە بیرمان کە هەمومان نەوەی ئەولادەکانی ئەوین کە لەو کەشتیەدا رزگار بوون.

(٤) خۆ وەحیمان کردە لای کوڕانی یەعقوب لەو پەڕاوەدا کە تەورات بوو وتمان: ئێوە دووجار خراپە دەکەن لەسەر زەویداو زۆر بەرز دەبنەوەو دەسەڵاتێکی زۆر گەورە پەیدا دەکەن و لە یاسای ﷻ لائەدەن.

(٥) جا ئەو کاتەی کە بەڵێنی یەکەم هاتە جێ ئێمە بۆ سزادانو تۆڵە لێ سەندنتان بەندە گەلێکی زۆر ئازاو لێ هاتوی خۆمان رەوانە دەکەینە سەرتان ، جا ئەوان بۆ سوك کردنتان بە شوێن ئێوەدا بە ناو ماڵ و منداڵتاندا دەگەڕێن تا لەناوتان بەرنو بێ نرخو سەرشۆڕتان بکەن ، وە ئەوە بەڵێنیکی جێبەجێ کراوە لەلایەن خواوەو بێگومان ئەو بەڵایەی دێت بەسەرتاندا.

(٦) لە پاشان ئێمە هێزمان بە ئێوە دایەوەو رۆژگارمان بەسودی ئێوە چەرخاندو ماڵ و کوڕانمان بۆتان فرەوان کردو لە دوژمنانی خۆتان زۆرترمان کردنو پیاوی شەڕکەری زۆرترمان لێ هەڵخستن کە لە هەموکاتێکدا ئامادەی جەنگ بن،

عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يَرْحَمَكُمْ وَإِنْ عُدتُّمْ عُدْنَا وَجَعَلْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ
حَصِيرًا (٨) إِنَّ هَٰذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ
الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا (٩)
وَأَنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا (١٠)
وَيَدْعُ الْإِنسَانُ بِالشَّرِّ دُعَاءَهُ بِالْخَيْرِ ۖ وَكَانَ الْإِنسَانُ عَجُولًا (١١)
وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ ۖ فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ وَجَعَلْنَا آيَةَ
النَّهَارِ مُبْصِرَةً لِّتَبْتَغُوا فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُوا عَدَدَ
السِّنِينَ وَالْحِسَابَ ۚ وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلًا (١٢) وَكُلَّ
إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ ۖ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَابًا
يَلْقَاهُ مَنشُورًا (١٣) اقْرَأْ كِتَابَكَ كَفَىٰ بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا
(١٤) مَّنِ اهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ ۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ
عَلَيْهَا ۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۗ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ
رَسُولًا (١٥) وَإِذَا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا
فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا (١٦) وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنَ
الْقُرُونِ مِن بَعْدِ نُوحٍ ۗ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا (١٧)

(٧) جا پاشان ئەگەر ئیشی چاكترو جوانترتان كردو سوپاسی ئێمەتان كردو ئەو نیعمەتانەتان بە شێوەی چاك بەكار هێنا بەراستی ئەوە چاكەتان لەگەڵ خۆتاندا كردوەو بەسودی خۆتانە، وەئەگەر بێتو خراپە بكەن ئەوەش هەر بۆخۆتانەو خۆتان زیان دەكەن ، جا كاتێك زەمانی بەڵێنی دووهەمیش هاتو ئێوە دەستان بە خراپەو تاوان كرد دوژمنتان بە سەردا زاڵ دەكات تاكو روتان رەش بێتو هەر چۆن یەكەم جار دوژمنەكانتان هاتنە ناو مزگەوتی بەیتولموقەدەسەوە ئەم جارەش بكەوێتە دەستیانەوەو بێنەوەناویو دەستیان بەچی گەیشت بەتەواوی لەناوەی بەرنو تەفروتونایی بكەنو داری بەسەر بەردەوە نەهێڵن. ئابەم شێوەیە خوای گەورە جولەكەو باقی گەلانی تر دەترسێنێ لە سەر پێچی كردنی خۆیو داوایان لێ دەكات كە بیر بكەنەوەودەفەرموێ:

(٨) ئەگەر ئێوە چاكە بكەنو بەرەو پەروەردگاری خۆتان بگەڕێنەوەوە ئۆمێدی ئەوە دەكرێت كە پەروەردگارتان رەحمتان پێ بكات ، بەڵام ئەگەر دووبارە بگەڕێنەوە بۆ تاوانو خراپە ئێمەش دەگەڕێینەوە بۆ سەرشۆڕكردنو لەناوبردنتان، وە ئێمە بۆ بێ باوەڕان دۆزەخمان كردوە بە بەندیخانەیان ،

(٩) بەڕاستی ئەم قورئانە مرۆڤ رێنمای دەكات بۆ ئەو باوەڕو كردارەی كە زۆر بەرزترو تەواترەو هەركەسێكیش بەڕاستی دەستی پێوە بگرێتو پەیڕەوی بكات بەڵگەی لە هەمو كەس تەواوترو بەهێزترو رێك وپێك ترە ، وە ئەم قوروانە بەو باوەڕدارانەی كە كرداری چاك دەكەن موژدە دەدات كە پاداشتێكی گەورەیان بۆ هەیە.

(١٠) خۆ بەو كەسانەش كە باوەڕ بە ڕۆژی دوایی ناكەن موژدە دەدات كە ئامادەمان كردوە بۆیان سزایەكی دەردناك، ئینجا ﷻ بەكورتی پێناسەیەكی مرۆڤ دەكاتو دەفەرموێ:

(١١) جا خوورەوشتی مرۆڤ وایە كە لەكاتی ناخۆشیو رق هەستاندا بەپەلە دوعای شەڕ لە خۆیو ماڵ ومنداڵی دەكات وەك چۆن دوعای خێریان بۆ دەكات بە بێئەوەی كە بیرێك لە ئەنجامەكەی بكاتەوە ، وە مرۆڤ دروستكراوێكی بێ حەوسوڵەو بەپەلەیە . لەیەكێك لە غەزاكانی پێغەمبەردا ﷺیەكێك لە هاوەڵانی وشترەكەی خۆی نەفرین كرد، جا پێغەمبەر ﷺ پرسیاری كرد كە كێ بوو نەفرینی وشترەكی كرد؟ كاتێك كە ئەو پیاوە وتی: من بووم ئەی پێغەمبەر، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {انْزِلْ عَنْهُ فَلَا تَصْحَبْنَا بِمَلْعُونٍ لَا تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ وَلَا تَدْعُوا عَلَى أَوْلَادِكُمْ وَلَا تَدْعُوا عَلَى أَمْوَالِكُمْ لَا تُوَافِقُوا مِنَ اللَّهِ سَاعَةً يُسْأَلُ فِيهَا عَطَاءٌ فَيَسْتَجِيبُ لَكُمْ./مسلم وغيره/ واتە: لەسەر وشترەكەت دابەزە بە شتی نەفرین لێكراو هاورێیمان مەكە، دوعای شەڕ مەكەن نەلە خۆتانونە لە منداڵتانو نە لە ماڵتان نەوەك ئەو دوعایە رێی لەو كاتە بكەوێت كەلای خوا داوای هەر بەخششێكی لێ بكرێ وەڵامتان دەداتەوە ،جا دوعا شەڕەكەی ئێوەش وەرگیرێت}

جا با مروڤ هەوڵ بدات كە لە سەر نەفسی خۆی زاڵ بێتو بەپەلە نەبێت لە دوعای شەڕكردندا. ئینجا خوای گەورە باسی هەندێك لە نیعمەتەكانی خۆی دەكاتو دەفەرموێ:

(١٢) بەراستی ئێمە شەوو ڕۆژمان كردوە بە دوو نیشانە لە سەر دەسەڵاتو كاربەجێی خۆمان جا شەو كە یەك لە نیشانەكانە تاریكمان كرد تا تێیدا بحەسێنەوە بەڵام

نیشانەی ڕۆژمان ڕووناك كردەوە كەبە ئاسانی شتی تێدا ببینرێت تا ئێوە لە ڕۆژدا بڕۆن كەسابەت بكەنو ئەوەی پەروەردگارتان دایناوە بۆتان بەدەستی بهێنن، وە تا ئێوە بەم دوو نیشانە لە ژمارەی ساڵەكانو حسابی كاتەكان ئاگاداربن، وە هەرشتێك كە پێویست بێت بۆ ئێوە تا لەم زەویدا هەن ئێمە لەم قورئانەدا بەشێوەیەكی جوان هەمو پێداویستیەكانی ئێوەمان ڕوون كردوەتەوەو درێژەمان پێداوە، جا ئیتر مرۆڤ بۆی نیەو ڕەوانیە كە یاسایەكی تر جگە لەم قورئانە بۆ خۆی هەڵبژێرێت چونكە ئەوەی كە دەبێت بەهۆی بەختەوەری وهیدایەتی لەم قورئانەدا بە شێوەیەكی نەك جوانو ڕوون ، بەڵكو جوانترو ڕوونتر باسی هەیە ئیتر چۆن ڕەوایە پشت گوێی بخاتو وازی لێ بێنێت؟! جا پاش ئەمە دەفەرموێت:

(١٣) هەمو ئینسانێك كردەوەكانی لە چاكو خراپ دەی كەینەملیو لێی جیا نابێتەوەو هەمو كردەوەكانی تۆمار دەكرێتو بۆی دەكەین بەكیتابێك ئەوسا لە ڕۆژی قیامەتدا دەری دەهێنینو بە كراوەی دەدرێتەوە دەستیو پێیدەوترێت:

(١٤) پەڕاوی كرداركانی خۆت بخوێنەرەوەو بزانە چیت كردوە، بەسە كە ئەمڕۆ تۆ خۆت موحاسەبەی خۆت بكەی، واتە : لە ڕۆژی قیامەتا هەمو كەسێ چی كردوە بۆی تۆمار كراوەو خۆی دەزانێ ماڤ چی هەیەو جێگای لەكوێیەو هەمو كەس دەتوانێ نامەی خۆی بخوێنێتەوە ، جا ئەمە بەو مانانیە كە موحاسەبە ناكرێن، ئینجا خوای باڵادەست دەفەرموێ:

(١٥) ئەو كەسەی كە ڕێگای هیدایەتی گرتوە بەڕاستی سودی هیدایەتەكە بۆ خۆیەتی وەهەركەسیش گومراە بێت خراپی گومراهەكەی لە سەر خۆیەتیو هیچ نەفسێكی گوناهبار باری نەفسێكی تر هەڵناگرێتو ئێمە سزای هیچ كەسێكیش نادەین هەتا نێرراوی خۆمان نەنێرینە لای‌وچاك‌وخراپی بۆڕۆشن نەكەینەوە، ئینجا خوای باڵا دەست دەفەرموێ:

(١٦) ئەوسا هەر كاتێ كە ویستمان وڵاتێك لەناو ببەین فرمان دەدەین بەسەر ئەوانەی كە دەوڵەمەندو

مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ
جَعَلْنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصْلَىٰهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا ﴿١٨﴾ وَمَنْ أَرَادَ
ٱلْءَاخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ كَانَ
سَعْيُهُم مَّشْكُورًا ﴿١٩﴾ كُلًّا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنْ عَطَآءِ
رَبِّكَ ۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا ﴿٢٠﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا
بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ وَلَلْءَاخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَٰتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا
﴿٢١﴾ لَّا تَجْعَلْ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَّخْذُولًا ﴿٢٢﴾
۞ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۚ إِمَّا
يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ
أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ
لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى
صَغِيرًا ﴿٢٤﴾ رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا فِى نُفُوسِكُمْ ۚ إِن تَكُونُوا۟ صَٰلِحِينَ
فَإِنَّهُۥ كَانَ لِلْأَوَّٰبِينَ غَفُورًا ﴿٢٥﴾ وَءَاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ
وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا ﴿٢٦﴾ إِنَّ ٱلْمُبَذِّرِينَ
كَانُوٓا۟ إِخْوَٰنَ ٱلشَّيَٰطِينِ ۖ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِرَبِّهِۦ كَفُورًا ﴿٢٧﴾

سەرمایەدارن كە عیبادەتی خوا بكەن ، جا ئەوان لە جیاتی بەندایەتیو عیبادەت خراپەو تاوانی تێدا دەكەن یان مرۆڤە خۆشگوزەرانەكانی ئەو وڵاتانە زۆر دەكەین یان فرمانڕەوایی ئەوان دەدەینە دەست كەسانێك كە ئیشیان خۆشگوزەرانیو ڕابواردنە ، جا ئەو كاتە قسەی ئێمە لەسەر ئەوان دێتە دی كەستەمكارنو پێویستە تۆڵەیان لێ وەرگیرێت ئەوسا ئێمە ئەو وڵاتە لەناو دەبەینو بە تەواوی وێرانو كاولی دەكەین، بەڵام چ كاول كردنێك. واتە هەركاتێك دەوڵەمەندو خۆشگوزەرانەكانی وڵاتێك دەستیان كرد بەتاوانو خراپە ئەوە پەروەردگار دەیەوێت ئەو وڵاتە لەناو بەرێت. ئینجا سرنجمان بۆ یەكێك لەو ڕوداوە گرنگانەی كە ڕویان داوە لەناو گەلانی پێشودا ڕادەكێشێو دەفەموێ:

(١٧) جا چەند زۆرن گەلانێك كە لە پاش پێغەمبەر نوح لەناومان بردن كاتێك كەبەتەواوی ڕویان لە كوفرو تاوان كرد وەك گەلی عادو سەمودو لوت، جا ئێوەش كە بەرێزترین پێغەمبەر بەدرۆ دەخەنەوە شایستەترن بەوەی كە سزا بدرێن، جا بەسە كە پەروەردگاری تۆ ئاگادار بێ

بەسەر تاوانی بەندەکانیداو بینەری هەڵس‌و کەوتەکانیان بێت.

(١٨) جا ئەو کەسەی کە ژیانی ئیستای دنیای دەویٚ‌و خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردوەو بۆ ئەوە ئیش دەکات ئێمە بۆ هەر کەس لەوان کە ئارەزۆمان لێ بێت لە خۆشیەکانی دنیا ئەوەندەی کە ویستی ئێمەی لەسەر بێت پێی دەدەین، لەپاشان دۆزەخمان داناوە بۆئەوان کە بە لۆمە کراوی‌و دەرکراوی لە هەر سۆزو بەزەییەك دەچێتە ناویەوە. واتە مەرج نیە هەرکەسێ دنیایی بوێت ﷲ پێی بدات بەڵام زۆربەی دنیا ویستان بەو ئەندازەی کە ﷲ خۆی ویستی لەسەر بێت پێیدەبەخشێت.

(١٩) خۆ ئەو کەسەیش کە مەبەستی دوا ڕۆژەو بۆ ئەوە کۆشش دەکات بە کۆششێکی چالاکانەو دڵسۆزانە لە هەمان کاتدا باوەڕدارە بە پەروەردگاری جیهان‌و پەڕاوە ئاسمانیەکان‌و فریشتەکان‌و هەمو پێغەمبەران ئەوسا هەرئەوانەن کە کارو کۆششیان وەرگیراو سوپاس کراوەو خوای میهرەبان پاداشتی چاکەکانیان بەچەند بەرامبەر دەداتەوە. لێرە پێویستە ئەوە بزانین کە کارو کۆششێك بۆ دوارۆژ بەسودەو وەردەگیرێت کە خاوەنەکەی باوەڕدار بێت‌و مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگار بێت‌و خۆهەڵنان‌و خۆدەرخستن‌و لە خۆبایی بوونی تێدا نەبێ، جا ئەمانە ئەگەر چی مەبەستیان دوارۆژە بەڵام لە ژیانی دنیاش بێ بەهرە نین.

(٢٠) بەڵکو ئێمە لە بەخششی پەروەردگارت بژێوی‌و نیعمەتی خۆمان لە دنیادا دەدەین بە هەمو کەس، بە کافرو موسڵمان، وە بەخششی پەروەردگارت لە دنیادا لەکەس قەدەغە ناکرێت بە بۆنەی کوفرەوە ،چونکە ﷲ ڕەحمانەو بەندەکانی خۆی نائومید ناکات‌و هەرچی دروستکردوە بەندەی ئەون کافر بێت یان موسڵمان تا هەردوولا ئەو ڕێگایەی کە هەڵیان بژاردوە بتوانن بیبەنە سەر. پاشان دەفەرموێ:

(٢١) تەماشا بکەن وبزانن چۆن هەندێکمان بەرزکردوە بەسەر هەندێکی تردا لەژیانی دنیادا لە پلەو ناوبانگداو لە جوانی وناشرینیداو لە تەمەنولە درێژی‌و کورتیدا کەخۆتان بەچاوی خۆتان ئەم جیاوازیانە دەبینن، دەی بزانن بەڕاستی لەڕۆژی دوایدا پلەو پایەکان گەورەترن‌و جیاوازی نیوان پلەو پایەکانی دوارۆژ زۆر ئاشکراترو گەورەترە لە ئەوەی دنیا، پێغەمبەر ﷺ لە وەسفی جیاوازی نێوان پلەو پایەی بەهەشتیەکاندا دەفەرموێ: {إِنَّ أَهْلَ الْجَنَّةِ يَتَرَاءَوْنَ أَهْلَ الْغُرَفِ مِنْ فَوْقِهِمْ كَمَا يَتَرَاءَوْنَ الْكَوْكَبَ الدُّرِّيَّ الْغَابِرَ فِي الْأُفُقِ مِنَ الْمَشْرِقِ أَوِ الْمَغْرِبِ لِتَفَاضُلِ مَا بَيْنَهُمْ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ تِلْكَ مَنَازِلُ الْأَنْبِيَاءِ لَا يَبْلُغُهَا غَيْرُهُمْ قَالَ بَلَى وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ رِجَالٌ آمَنُوا بِاللَّهِ وَصَدَّقُوا الْمُرْسَلِينَ /متفق عليه/ واتە: بەهەشتیەکان بە هۆی جیاوازی پلەوپایەیانەوە شوێنی خاوەن باڵاخانەکانی بەهەشت کە لە سەرەوەی خۆیانەوەن دەبینن هەر چۆنێك کە ئەستێرەی پرشنگ دار دەبینن کە لەوپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوادا خەریکە دەڕوات‌و نامێنێت. وتمان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺئەو شوێنە بەرزانە جێگای پێغەمبەرانە کە جگە لەوان هیچ کەس پێی ناگات؟ پێغەمبەر ﷺفەرموی:نەخێر وانیە، سوێند بەو زاتەی کە گیانی منی بە دەستە پیاوانێك کە باوەڕیان بە ﷲ هێناوەو هەمو پێغەمبەرانیشان بە ڕاست زانیوە بەو پلەو پایە بەرزانە دەگەن.} جا کەوابوو بۆ دوارۆژتان هەوڵ بدەن.

(٢٢) نەکەی لەگەڵ ﷲ دا هیچ پەرستراوێکی تر دابنێیت‌و جگە لەو زاتە بەندایەتی بۆ کەس نەکەیت ،چونکە ئەگەر وات کرد تۆ دەست بە ئەژنۆو لۆمەکراوو دۆڕاوو سوك کراو دادەنیشی‌و یارمەتی دەرێکت هۆ نییەو سەربەرزو کەیف خۆش نابیت، بەڵێ: بەندایەتی پاك‌و خاوێن پیشەی خواپەرستانی ڕاستەقینەیەو مرۆڤ بۆ ئەمە هاتوەتە ئەم جیهانە ،جا لەبەر ئەوە دەبینی باسی هاوبەشی دانان بۆ پەروەردگارو سزای ئەوانەی کە ئەو تاوانە گەورە دەکەن لە قورئاندا زۆر هاتوە بەتایبەت لە سورەتە مەکەییەکاندا ئەوەتە لێرە تا ئێستا چەند جار بە شێوەی جیاجیا باسی خراپی بت پەرستی وهاوبەش دانانی کردو جارێکی تر لەگەڵ باس کردنی کۆمەڵێکی زۆر لە تاوانەکان دەچێتەوە سەری‌و دەفەرموێ:

(٢٣) پەروەردگاری تۆ وای فرمانداوە کە ئێوە جگە لەو کەسی تر نەپەرستن، وە لەگەڵ دایكو باوکتاندا چاکە بکەن ئەگەر یەکێك لەوان یان هەردووکیان بە پیری مانەوە لەلات ئەوسا تۆ لەڕوی ئەواندا بچوك ترین وشەی ناشیرین بەکار مەهێنەو روویان لێ گرژ مەکەو قسەی ڕەقیان لەگەڵدا مەکە، وە هەمیشە بەقسەیەکی جوانو بەڕێزەوە لەگەڵیاندا قسە بکە.

(٢٤) جا باڵی زەلیلی خۆتیان بۆ رابخەو هەمیشە بەسۆزو بە میهرەبانیەوە هەڵس وکەوتیان لەگەڵدا بکەو دوعای خێریان بۆ بکەو بڵێ: ئەی پەروەردگارم ڕەحمیان پێ بکە وەك چۆن ئەوان ڕەحمیان بەمن کردوەو بە منداڵی پەروەردەیان کردوم. پەروەردگار لەم ئایەتانەدا لە دوای باس کردنی مافی خۆی بەسەر بەندەکانییەوە کە بەندایەتی کردنو دانەنانی هاوەڵە بۆی باس لە مافی دایكو باوك دەکاتو پێویستی دەکات کە هەم بە کردارو هەم بە قسە بە جوانی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەنو ئازاریان نەدەنو دوعای خەیران بۆ بکەن بە تایبەت کاتێك کە پیرو کەساس دەبنو چاوەڕوانی چاکەن کە لەگەڵیاندا بکرێت. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: { رِضَا الرَّبِّ فِي رِضَا الْوَالِدَيْنِ وَسَخَطُهُ فِي سَخَطِهِمَا. /الطبراني، صححه الالباني/ واتە: ڕەزامەندی پەروەردگار لە ڕەزامەنی دایكو باوك دایە، وە رقو قینی پەروەردگار لە نارەزای ئەواندایە}. پاشان پەروەردگار دەفەرموێ:

(٢٥) پەروەردگارتان ئاگادارە بەوەی کە لە دڵتاندایە ئەگەر ئێوە بۆ ڕەزامەندی اللّٰه بە دڵسۆزی ودڵپاکیەوە خزمەتی باوك ودایکتان بکەن بێگومان اللّٰه لە تاوانی ئەو کەسانەی کە دڵسۆزی وباوك ودایکیانن و لە تاوانەکانیان پەشیمانن و هەمیشە بەرەو لای اللّٰه دەگەڕێنەوە زۆر لێ خۆشبوو چاوپۆشی کەرە، ئینجا دوا بەدوای مافی دایك وباوك دەفەرموێ:

(٢٦) ببەخشە بەوانەی کە خزمی نزیکتن ئەوەی کە مافی خۆیانە وببەخشە بە هەژارانو رێبواران ونەکەی ماڵ بە بێهودە خەرج بکەیت،

وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ ٱبْتِغَآءَ رَحْمَةٍ مِّن رَّبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُل لَّهُمْ قَوْلًا
مَّيْسُورًا ﴿٢٨﴾ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا
كُلَّ ٱلْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا ﴿٢٩﴾ إِنَّ رَبَّكَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ
لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُۥ كَانَ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرًۢا بَصِيرًا ﴿٣٠﴾ وَلَا تَقْتُلُوٓا۟
أَوْلَـٰدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَـٰقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ
خِطْـًٔا كَبِيرًا ﴿٣١﴾ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ إِنَّهُۥ كَانَ فَـٰحِشَةً وَسَآءَ
سَبِيلًا ﴿٣٢﴾ وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَمَن
قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلْطَـٰنًا فَلَا يُسْرِف فِّى
ٱلْقَتْلِ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورًا ﴿٣٣﴾ وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى
هِىَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ وَأَوْفُوا۟ بِٱلْعَهْدِ إِنَّ ٱلْعَهْدَ كَانَ
مَسْـُٔولًا ﴿٣٤﴾ وَأَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ إِذَا كِلْتُمْ وَزِنُوا۟ بِٱلْقِسْطَاسِ ٱلْمُسْتَقِيمِ
ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴿٣٥﴾ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ
إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾
وَلَا تَمْشِ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ ٱلْأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ
ٱلْجِبَالَ طُولًا ﴿٣٧﴾ كُلُّ ذَٰلِكَ كَانَ سَيِّئُهُۥ عِندَ رَبِّكَ مَكْرُوهًا ﴿٣٨﴾

(٢٧) چونکە بەڕاستی ئەوانەی کەماڵ بە بێ هودە خەرج دەکەن برایانی شەیتانن ، وە شەیتانیش کافرە بە نیعمەتەکانی پەروەردگاری خۆی، شەیتان هەوڵ دەدات کە مرۆڤ بەخیلو دەست قوچاو بکات ،جا ئەگەر بۆی نەکرا هەوڵ دەدات بیکات بە مرۆڤێکی موسریفو هەڵەخەرج و ئەو ماڵەی کە خوا پێی داوە لە شتی خراپو بێ هودەدا خەرج بکات. زۆرێ لەتەفسیر نوسان وشەی{تَبْذِير}یان وەك {إسراف} مانا کردوە هەر چەند دەگونجێ هەردوو یەك مانایان هەبێ بەڵام من وای بۆ دەچم کە{تَبْذِير} لەناوبردنی ماڵە بەشێوەیەك کە نەخۆتو نەخەڵك سودی لێ وەرنەگرێت، چونکە ئەمە لە ئیشی شەیتان دەکات چونکەئیشەکانی نەبۆ خۆیو نە بۆخەڵك سودی نیە والله اعلم. جا دەفەرموێ:

(٢٨) جا ئەگەر پشتت لەوان کرد بە چاوەڕێی دەست کەوتنی نیعمەتێکی پەروەردگارتەوەو ئیستا هیچت لە دەستدا نییە دەی ئەوکاتە قسەی دڵخۆشکەرو هیوا بەخشوناسانیان لەگەڵدا بکەو دوعای زۆر بوونی رزقیان

بۆ بکەو بەڵێنیان پێ بدە هەر کاتێ بووم یارمەتیتان دەدەم.

٢٩ رەزیل ورژد مەبە وەك ئەوەی کەدەستت بەستبێ بە ملتەوە ، وە بەتەواویش دەست بڵاونەکەرەوە کە هەرچیت هەیە بیبەخشیتو لەپاشان لەبەر نەبوونی پەکت بکەوێت وسەرکۆنەکراوو پەك کەوتوو دابڕاو بیت لەهەموشت.

٣٠ بەڕاستی پەروەردگارت بۆ ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت رۆزی بۆ فرەوان دەکاتو تەنگیشی دەکاتەوە لەو کەسەی کە ئارەزۆ لێ بێ، بێگومان ئەو زاتە ئاگاداری ژیانی بەندەکانیەتیو بینەری رەفتارو کردارو چۆن ماڵ پەیدا کردن وچۆن خەرج کردنێەتی ودەزانێ کە ئایا کەم دەستی بەسودێتی یان دەست پڕی کە هەردوو بۆ تاقی کردنەوەنو هەرکەسەی بە یەکێکیان تاقی دەکاتەوە پێغەمبەرمان ﷺدەفەرموێ:{ إِنَّ اللَّهَ قَالَ لِي أَنْفِقْ أُنْفِقْ عَلَيْكَ/مسلم وغيره/ بێگومان ﷻبە منی فەرمو: ببەخشە پێت دەبەخشم}. بەڵێ ﷻ خۆی بەندەکانی خۆی دەبینێو بێ ئاگا نییە لە بارودۆخی ژیانیان بەڵام دەیەوێت هەندێکی بە هەندێکی تاقی بکاتەوە، وە لێرەش هەڕەشەیەکی توند دەکات لەو کەسانەی کە منداڵی خۆیان لەبەر ترس لەکەم دەستیو هەژاری دەکوژنو دەفەرموێ:

٣١ ئەوسا منداڵەکانی خۆتان لە ترسی کەم دەستیو نەداری مەکوژن ئێمە رزقی ئەوان وئێوەش دەدەین بەراستی کوشتنی ئەوان تاوانێکی گەورەیە. لە فەرمودەدا هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بەو پیاوو ژنەی کە بۆ ئەوەی منداڵیان نەبێت پیاوەکەی لە دەرەوەی ئەندامی زاوزێی ئافرەتەوە ئاوی خۆی دەرژێنێت ،واتە: (العزل) بە زیندوو بە چاڵکردنێکی نهێنی منداڵان ناوی بردوە وەك ئەو فەرمودەیەی کە مسلم روایەتی کردوە جا هەر لەبەر ئەوەی بەشێك لە زانایان پێیان وایە رێك خستنی زاوزێیو وەچە(تنظيم النسل) بە حەرام دەزانن بەڵام جا بیر دەگێڕێتەوەو دەڵێ: {كُنَّا نَعْزِلُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَبَلَغَ ذَلِكَ نَبِيَّ اللَّهِ ﷺ فَلَمْ يَنْهَنَا/متفق عليه / ئێمە لە زەمانی پێغەمبەردا "عزل"مان دەکرد جا پێغەمبەرﷺ ئەوەی پێگەیشتبوو کە ئێمە وا دەکەین بەڵام پێغەمبەرﷺ بەرگری نەکردین}.

جا بۆیە بیروڕای زانایان لەم بارەوە جیاوازە وەئێمە ئەو بیروڕایمان پێ راستە کە هەردوو بەش لە فەرمودەکان وەربگیرێتو ئێشی پێبکرێت ،جا بۆیە دەڵێین رێکوپێك خستنی وەچە(تنظيم النسل) بۆ کەسێك کە دەیەوێت لەو ماوەیەی کە شیر دەدات یان دکتوری موسڵمانی متمانە پێکراو ماوەیەك دانێت کە نابێت لەو ماوەدا باردار بێت بەهۆی هۆکارێکی شەرعییەوە وەك ئەو ئافرەتەی کە بە بێ عەمەلیاتو دڕینی سك منداڵی نەبێت یان ئەوەی کە پیاوو ئافرت رێك دەکەون لە گەڵ یەکدا بۆ ئەوەی کە ماوەیەك منداڵیان نەبێت ، وە ئەمەش بەهۆی بە هێز بونی ئەو بەلگەیانەن کە رەوا بوونی عەزل دەگەیەننو هەروەها کرداری یارانی پێغەمبەریش. ئەگەرچی ئەگەر هۆیەکی شەرعی نەبێت وازلێهێنان لە ئەنجامدانی عەزلو ئەوەی کە وەك ئەو وایە چاکترە چونکە ئەبو سەعیدی خودری دەڵێت:{ ذُكِرَ الْعَزْلُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ وَلِمَ يَفْعَلُ ذَلِكَ أَحَدُكُمْ وَلَمْ يَقُلْ فَلَا يَفْعَلْ ذَلِكَ أَحَدُكُمْ فَإِنَّهُ لَيْسَتْ نَفْسٌ مَخْلُوقَةٌ إِلَّا اللَّهُ خَالِقُهَا /متفق عليه/ باسی عەزل کرا لە لای پێغەمبەر ﷺجا ئەویش فەرموی: ئەوە بۆ خەڵکی ناو ئێوە ئەو ئیشە دەکەن؟ خۆنەی فەرمو:ئەوسا وانەکەن ،جا پێغەمبەر ﷺ فەرموی: هیچ دروستکراوێك نیەکە بڕیاری دروستکردنی درا بێت بێگومان کە ﷻ دروستی دەکاتو بەهیچ شێوەیەك رێگری لێ ناکرێت. وە مەبەست لە رێکوپێك خستنی وەچە(تنظيم النسل) ئەوەیە کە بە هۆی بەکارهێنانی هۆکارانێکی شەرعییەوەکەنەبن بە هۆی زیان، بۆ ماوەیەك لە زەمان بەرگری بکرێت لە بارداربوون، کە ئەمە جیاوازە لەگەڵ دیاری کردنی ژمارەدا(تحديد النسل)کە ئەمەیان کردارێکی پەسەند نەکراوە. پاشان پەروەردگار دەفەرموێ:

٣٢ ئەوسا نزیکی زینا مەبنەوەو خۆتان لە هەمو ئەو شتانە بپارێزن کە ئێوە بۆ ئەو تاوانە گەورەیە رابکێشێت ، بەڕاستی ئەوە گوناهێکی ئاشکراو قەڵبەزەنەو خراپترین رێگایشە ئەو رێگایە جا بەو رێگایەدا مەچن. عەبدوڵای

کوڕی مەسعود دەڵێت: پرسیارم کرد لە پێغەمبەرﷺ کە کام تاوان لە هەمو گەورترە؟ دەڵێت پێغەمبەر ﷺ فەرموی:{ أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ قُلْتُ ثُمَّ أَيٌّ قَالَ ثُمَّ أَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ خَشْيَةَ أَنْ يَطْعَمَ مَعَكَ قُلْتُ ثُمَّ أَيٌّ قَالَ أَنْ تُزَانِيَ بِحَلِيلَةِ جَارِكَ/متفق عليه/ گەورەترین تاوان ئەوەیە کە تۆ هاوەڵ بۆ ﷲ دابنێیەت لە حاڵێکدا کە ئەو تۆی دروستکردوە، وتم پاش ئەو چییە؟ فەرموی: ئەوەی کە منداڵەکەت بکوژی لە ترسی ئەوەی کە خواردنت لەگەڵدا بخوات، وتم ئەی پاش ئەوە؟ فەرموی: ئەوەیە کە لەگەڵ خێزانی دەراوسێکەتدا زینا بکەیت}

(٣٣) جا ئەو گیانانەی کەﷲ حەرامی کردوە مەکوژن مەگەر لەسەر مافێك بێت کە خوا دایناوە وەك ئەوەی کەسێ کەسێ بە ناڕەوا بکوژێت، یان پیاو یان ئافرەتێك کە هاوسەریان کرد بێ زینا بکەن، یان کەسێك لەئایین پاش گەزببێتەوە، وە هەر کەسێك بە ناڕەوا کوژرا بەڕاستی ئێمە بۆ تۆڵەسەندنەوەی هێزو دەسەڵاتمان داوەتە دەست خاوەن کوژراوەکە کە نزیکترین میراتگرو خزمێتی، جا با ئەویش زیادەڕەوی نەکات لەکوشتن دا ،چونکە بەڕاستی ئەو یارمەتی دراو دەبێت لەلایەن یاسای خواو فرمان ڕەوایانەوەو تۆڵەی بۆ وەرئەگەرنەوە ، جا ئەبێ ئەویش زیادە ڕەوی نەکاتو دەست درێژی نەکاتە سەر ئەوانەی کە بێ تاوانن. پێغەمبەر ﷺدەفەرموێ:{ لَنْ يَزَالَ الْمُؤْمِنُ فِي فُسْحَةٍ مِنْ دِينِهِ مَا لَمْ يُصِبْ دَمًا حَرَامًا/البخاري/ بەهەمیشە باوەڕدار لە دینەکەیدا بەربلاّویو فەرەوانی کردارە چاکەکانی بۆ دەرەخسێت مادامێك توشی خوێنی حەرام نەبێت}

(٣٤) ئەوسا نزیکی ماڵی هەتیو مەبنەوە مەگەر بەشێوەیەکی چاكو بۆ خزمەت کردنی ماڵە کەبێت واتە ئەو ماڵی هەتیوەی کە لای ئێوەیەو ئەتانەوێ خزمەتی بکەن وەك ئەوەی کاسبیو بازرگانی پێ بکرێت با لاتان بێت تا ئەو کاتەی کە ئەوان دەگەنە بەهێزی تەواوو باڵغ دەبن، وە پەیمانەکانتان ببنە سەرو نەیشکێنن ،چونکە بەڕاستی ئەو پەیمانە پرسیار لێ کراو دەبێ، ئایا جێ بەجێ کرابیت یانە نە، وەپەیمان شکێنی یەکێکە لە نیشانەی موناففقی بەڵکو ئەبێ بەهۆی نەمانی ئیمانیش، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{لَا إِيمَانَ لِمَنْ لَا أَمَانَةَ لَهُ وَلَا دِينَ لِمَنْ لَا عَهْدَ لَهُ/أحمد، صححه الالباني/ ئەوکەسەی کە ئەمانەتدارو دەست پاك نەبێت ئیمانی نییەو ئەو کەسەیش کە پەیمانەکانی نەداتەسەر دینی نییە}.

(٣٥) جا هەر کاتێك شتێکتان پێوا بە تەواوی بی پێون ، وە کێشانە بکەن بەمیزانێکی ڕاست وتەواو ئەوە ئەنجامێکی باشترو جوان تری بۆتان هەیە ،چونکە ئەبێ بەمایەی سەربەرزی هەردوو ژیان. پێغەمبەر ﷺروی کردە هاوەڵانی کۆچکەریو فەرموی:{ يَا مَعْشَرَ الْمُهَاجِرِينَ خَمْسٌ إِذَا ابْتُلِيتُمْ بِهِنَّ وَأَعُوذُ بِاللَّهِ أَنْ تُدْرِكُوهُنَّ لَمْ تَظْهَرْ الْفَاحِشَةُ فِي قَوْمٍ قَطُّ حَتَّى يُعْلِنُوا بِهَا إِلَّا فَشَا فِيهِمْ الطَّاعُونُ وَالْأَوْجَاعُ الَّتِي لَمْ تَكُنْ مَضَتْ فِي أَسْلَافِهِمْ الَّذِينَ مَضَوْا وَلَمْ يَنْقُصُوا الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ إِلَّا أُخِذُوا بِالسِّنِينَ وَشِدَّةِ الْمَئُونَةِ وَجَوْرِ السُّلْطَانِ عَلَيْهِمْ وَلَمْ يَمْنَعُوا زَكَاةَ أَمْوَالِهِمْ إِلَّا مُنِعُوا الْقَطْرَ مِنْ السَّمَاءِ وَلَوْلَا الْبَهَائِمُ لَمْ يُمْطَرُوا وَلَمْ يَنْقُضُوا عَهْدَ اللَّهِ وَعَهْدَ رَسُولِهِ إِلَّا سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ عَدُوًّا مِنْ غَيْرِهِمْ فَأَخَذُوا بَعْضَ مَا فِي أَيْدِيهِمْ وَمَا لَمْ تَحْكُمْ أَئِمَّتُهُمْ بِكِتَابِ اللَّهِ وَيَتَخَيَّرُوا مِمَّا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَّا جَعَلَ اللَّهُ بَأْسَهُمْ بَيْنَهُمْ./ابن ماجه، صححه الالباني/ واتە: ئەی کۆمەڵی کۆچکەران پێنج بەڵا هەیە کە ئەگەر تووشی بوون ،جا ئەو کاتە چاوەڕوانی سزا بن وە من پەنا دەگرم بە ﷲ کە ئێوە توشی ئەوانە ببن، زینا لە هیچ گەلێکدا پەرەی نەسەندوەو ئاشکرا ببێت مەگەر لە ناو ئەواندا نەخۆشینی تاعونو ئێش گەلێك کە لە گەلانی ڕابردوویاندا نەبووە لە ناویاندا بلاّو بوبێتەوە، وە هیچ گەلێك پێوانەو کێشانەیان بۆ خەڵك کەم نەکردوەتەوە مەگەر دوچاری ڤاتوقڕیو گرانیو ستەمی دەسەڵاتدارن بەسەریاندا بووبن، وە بەرگریان لە زەکاتی ماڵی خۆیان نەکردوە مەگەر بارانیان لێ بەرگری کرابێت ، وە ئەگەر لەبەر بێزمانان نەبوایە بارانیان بۆ نەدەباری، وە فرمانی خواو پێغەمبەرەکەیان نەشکاندوە مەگەر خوای گەورە دوژمنێکی جگە لەخۆیانی زاڵ کرد بێت بەسەریانداو هەندێك لەو سەروەتو سامانو هێزەی کە لە بەردەستیاندایە لە دەستی دەرهێناون، وە فرمانڕەوایانیان بە پەیامەکەی ﷲ حوکمیان نەکرد بێتو

ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِۗ وَلَا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا
ءَاخَرَ فَتُلۡقَىٰ فِي جَهَنَّمَ مَلُومًا مَّدۡحُورًا ﴿٣٩﴾ أَفَأَصۡفَىٰكُمۡ رَبُّكُم
بِٱلۡبَنِينَ وَٱتَّخَذَ مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنَٰثًاۚ إِنَّكُمۡ لَتَقُولُونَ قَوۡلًا عَظِيمًا ﴿٤٠﴾
وَلَقَدۡ صَرَّفۡنَا فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لِيَذَّكَّرُواْ وَمَا يَزِيدُهُمۡ إِلَّا نُفُورًا ﴿٤١﴾
قُل لَّوۡ كَانَ مَعَهُۥٓ ءَالِهَةٞ كَمَا يَقُولُونَ إِذٗا لَّٱبۡتَغَوۡاْ إِلَىٰ ذِي ٱلۡعَرۡشِ سَبِيلٗا
﴿٤٢﴾ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوّٗا كَبِيرٗا ﴿٤٣﴾ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ
ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن
لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ﴿٤٤﴾ وَإِذَا قَرَأۡتَ
ٱلۡقُرۡءَانَ جَعَلۡنَا بَيۡنَكَ وَبَيۡنَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ حِجَابٗا
مَّسۡتُورٗا ﴿٤٥﴾ وَجَعَلۡنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ أَكِنَّةً أَن يَفۡقَهُوهُ وَفِيٓ ءَاذَانِهِمۡ
وَقۡرٗاۚ وَإِذَا ذَكَرۡتَ رَبَّكَ فِي ٱلۡقُرۡءَانِ وَحۡدَهُۥ وَلَّوۡاْ عَلَىٰٓ أَدۡبَٰرِهِمۡ نُفُورٗا
﴿٤٦﴾ نَّحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَا يَسۡتَمِعُونَ بِهِۦٓ إِذۡ يَسۡتَمِعُونَ إِلَيۡكَ وَإِذۡ هُمۡ نَجۡوَىٰٓ
إِذۡ يَقُولُ ٱلظَّٰلِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلٗا مَّسۡحُورًا ﴿٤٧﴾ ٱنظُرۡ
كَيۡفَ ضَرَبُواْ لَكَ ٱلۡأَمۡثَالَ فَضَلُّواْ فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ سَبِيلٗا ﴿٤٨﴾
وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا ﴿٤٩﴾

به کەیفی خۆیان لەوەی کە خوا بۆی ناردون هەڵیان نەبژاردوە مەگەر خوا ئاژاوەو شەڕو کوشتاری خستووەتە ناویانەوە} وەك جیهانی ئەمڕۆی خۆمان کە هەر پێنچیانی تێدا هاتوەتە دیو وا لە تاڵاوی بەرهەمی کردارە پیسەکانمان دەخۆینەوە؟! چاوکوێرەو گوێ کەڕەو ژیری نەماوەو چاکمان بەلاوە خراپەو خراپمان بەلاوە چاکە پەنا دەگرین بەﷲلەم چارە رەشیەی کە ئەمڕۆ مرۆڤ بەسەری خۆیدا هێناویەتی وبیری لێ ناکاتەوە؟!!

(٣٦) جا بەدوای ئەو شتە مەکەوە کە زانیاریت لە بارەیەوە نییەو هەر لە خۆتەوە کردەوەیەك مەکە یان بڕیارێك مەدەو قسەیەك مەکە بە بێزانیاری ، چونکە بەراستی گوێ وچاوو ودڵ هەمو یەکێك لەئەوانە لەو بارەوە پرسیاریان لێ دەکرێتو خاوەنەکەیان گرفتار دەبێت ئەگەر بەناڕەوا بەکارهێنرابن.

(٣٧) ئەوسا بەسەر زەویدا بەدەعیەو فزیەوە نەچێت بەراستی تۆ هەرگیز ناتوانیت بەو ڕێکردنەت زەوی لەت بکەیتو لە درێژی دا بەچیاکان بگەیت، ئیتر بۆ خۆت هەڵدەکێشی وخۆت بە لێهاتوو گەورە دەزانی؟

(٣٨) هەمو دانەیەك لەوانەی کە باس کران خراپەکەیان لە لای پەروەردگاری تۆ بێزراوو تاوانەو نابێ باوەڕداران ئەنجامیان بدەن.

(٣٩) ئا ئەوەی کە باس کران بەشێکە لەو داناییەی کە پەروەردگارت رەوانەی کردوتە لای تۆ، واتە: ئەو قەدەغە کراوانە فرمانی ئێمەیەو لەسەر بناغەی دانای دامان ناوەو هەر کەسێك دژایەتیان بکات دژایەتی حیکمەت ودانایی ﷲ دەکات وکافر دەبێ، جارێکی تر هەڕەشە لەبت پەرستی وهاوبەشدانان دەکاتو دەفەرموێ: لەگەڵ ﷲدا هیچ شتێکی تر بەخوای خۆت دانەنێیتو نەیپەرەستیت چونکە ئەگەر جگە لە ﷲ کەسێکی تر بپەرستیتو گوێ رایەڵی فرمانەکانی بکەیت بەلۆمە کراوی‌و دوورکراوەیی لە هەموو رەحمەتو سۆزێکەوە دەخرێیتە ناو دۆزەخەوە، ئەگەرچی ئەم ئایەتانە روی قسەی لەگەڵ پێغەمبەرمان ﷺ دا یە بەڵام مەبەست پێی هەمو گەلەکەیەتی. پاشان دەمکوتی ئەوانە دەکات کە دەڵێن:فریشتەکان کچانی خودانو دەفەرموێ:

(٤٠) ئایا پەروەردگارتان ئێوەی تایبەت کردوە بە کوڕەوەو بەڵام لەناو فریشتەکاندا مێ کانی هەڵگرتوە بۆ خۆی؟! بەراستی ئێوە قسەیەکی زۆر خراپی گەورەی دەکەن‌و بڕیارێکی زۆر ناشرین‌و نەزانانە دەدەن، هەرچەند فریشتەکان نێرو مێ یان نییەو ئەوگومانەی ئێوە زۆر هەڵەیە بەڵام چۆن بۆ خۆتان کوڕ بەچاك دەزانن‌و کچتان ئەوەندە پێ ناخۆشە زۆر جار زیندە بەچاڵیان دەکەن لەبەر عەیبە کەچی ئەوە دادەنێن بۆﷲ؟! بیگومان پەروەردگاری جیهان بێ نیازە لەوەی کە هاوەڵو منداڵی هەبێت.

(٤١) بەراستی ئێمە ئا لەم قورئانە دا چەندین باس وداستانی جۆراو جۆرمان گۆڕی بۆ ئەوەی بیر بکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرن ،کەچی ئەو هەمو داستان‌و باسە جیاجیانە جگە لە دورکەوتنەوە لە ئایین وراکردن لێی سودێکی تری پێ نەدان؟! وە یەکێك لەوانەی کە لەم قورئانەدا بەشێوە جۆراوجۆرو بە بەڵگەی تەواوو گونجاوو لەگەڵ عەقڵدا هاتوە یەکتاپەرستی‌و یەکتایی ﷲیە کە

بناغەی هەمو بنەماكانەو هەر لەم سوورەتەدا چەندین جار هاتوە كە ئەمەش یەكێكی تریانە كە دەفەرموێ:

(٤٢) بڵێ:ئەگەر لە گەڵ اللهدا چەند خوایەكی تر هەیە وەك ئەوان دەڵێن: دەی ئەوان هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەك بدەن كە خۆیان بە خاوەنی عەرش كە اللهیە بگەیەنن‌و دەسەڵات‌و فرمانڕەوایی جیهانی لە دەست دەر بهێنن ، جا ئەو كاتە خۆیان بە ئارەزۆی خۆیان یاساو بەرنامە دابنێن‌و گوێ بە فرمانی اللهنەدەن خۆ ئاشكرایشە كە ئەمەیان پێ ناكرێت دەی هەتاكەی لەسەر دژایەتی فرمانەكانی الله دەڕۆن؟! ئینجا الله خۆی دەفەرموێ:

(٤٣) بێ نیازو پاك‌و مونەزەهە ئەو زاتە لەوەی كە وێنەو هاوەڵی بۆ دابنرێت‌و خاوەن شكۆو بەرزە بە بەرزاییەتیەكی بێ نیهایەت گەورەو دوورە لەوەی كە موشریكان دەیڵێن.

(٤٤) ئەوەی كە لە هەر حەوت ئاسمانەكاندایەو لە زەوی‌و لە ناویاندا هەیە هەموی تەسبیحاتی خوای خۆیان دەكەن بەو شێوەی كە الله خۆی دەزانێ، وە هیچ شتێك نیە مەگەر تەسبیحاتی خوای خۆی دەكات بەڵام ئێوە لە تەسبیحاتی ئەوان تێ ناگەن بێشك كە ئەو زاتە بەحەوسەڵەیەو پەلە ناكات لە تۆڵەسەندنەوە لەوانەی كە هاوەڵ‌و منداڵی بۆ دادەنێن ، بەڵكو لێ بوردەو چاوپۆشی كەرە لەتاوان ، جا ئەگەر تەوبە بكەن‌و بگەڕێنەوە لێیان خۆش دەبێت. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {لَا أَحَدَ أَصْبَرُ عَلَى أَذًى يَسْمَعُهُ مِنْ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ إِنَّهُ يُشْرَكُ بِهِ وَيُجْعَلُ لَهُ الْوَلَدُ ثُمَّ هُوَ يُعَافِيهِمْ وَيَرْزُقُهُمْ / متفق عليه/ هیچ كەسێك لە سەر ئەو ئازارەی كە بیستبێتی لە الله بەسەبرترو خۆگرتر نییە ئەو زاتە هاوەڵ‌و منداڵی بۆ دادەنرێت ،پاشان ئەو هەر دەیانپارێزێت لە بەڵاو سەلامەتیان دەكات‌و رزقیشیان پێدەدات}.

(٤٥) جا هەر كاتێك تۆ قورئان بخوێنی ئێمە لە نێوان تۆو ئەوانەی كە باوەڕیان نییە بە رۆژی دوایی پەردەیەكی شاراوەو داپۆشراو دروست دەكەین ، جا ئیتر ئەو كاتە حەق‌و راستی نابیستن‌و نابینن‌و ئەو قورئانە لە سەریان كاریگەر نابێت.

قُلْ كُونُوا۟ حِجَارَةً أَوْ حَدِيدًا (٥٠) أَوْ خَلْقًا مِّمَّا يَكْبُرُ فِى
صُدُورِكُمْ ۚ فَسَيَقُولُونَ مَن يُعِيدُنَا ۖ قُلِ ٱلَّذِى فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۚ
فَسَيُنْغِضُونَ إِلَيْكَ رُءُوسَهُمْ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هُوَ ۖ قُلْ عَسَىٰٓ أَن
يَكُونَ قَرِيبًا (٥١) يَوْمَ يَدْعُوكُمْ فَتَسْتَجِيبُونَ بِحَمْدِهِۦ
وَتَظُنُّونَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا (٥٢) وَقُل لِّعِبَادِى يَقُولُوا۟ ٱلَّتِى هِىَ
أَحْسَنُ ۚ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ كَانَ لِلْإِنسَٰنِ
عَدُوًّا مُّبِينًا (٥٣) رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِكُمْ ۖ إِن يَشَأْ يَرْحَمْكُمْ أَوْ إِن يَشَأْ
يُعَذِّبْكُمْ ۚ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا (٥٤) وَرَبُّكَ أَعْلَمُ
بِمَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ ٱلنَّبِيِّۦنَ عَلَىٰ بَعْضٍ ۖ
وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا (٥٥) قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِۦ فَلَا
يَمْلِكُونَ كَشْفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا (٥٦) أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ
رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا (٥٧)
وَإِن مِّن قَرْيَةٍ إِلَّا نَحْنُ مُهْلِكُوهَا قَبْلَ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ
أَوْ مُعَذِّبُوهَا عَذَابًا شَدِيدًا ۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِى ٱلْكِتَٰبِ مَسْطُورًا (٥٨)

(٤٦) خۆ ئێمە بەهۆی خراپی خۆیانەوە دامان ناوە لەسەر دڵی ئەوان چەندین پەردە بۆ ئەوەی كە هیچ شتێك لە قورئان فێر نەبن وفامی نەكەن ، وە لەناو گوێیاندا باری گرانمان داناوەو گوێمان كەڕ كردون كە هیچ شتێكی بەسود نەبیسن ، وە هەر كاتێك باسی یەكتایی پەروەردگاری خۆت بكەیت لەم قورئانەداو بڵێیت {لا اله الا الله} هیچ پەرستراوێكی راستەقینە جگە لەالله نیە و تاكەو شەریكی نیە ئەوان پشتی تێ دەكەن‌و لەو قورئانەو لەو قسە جوانانە را دەكەن!

(٤٧) ئێمە دەزانین بەو جۆرە گوێ گرتنەی ئەوان كاتێك كە گوێ لە تۆ دەگەرن كە چ مەبەستێكیان هەیەو چۆن گوێ دەگرن‌و چی دەڵێن ، وە ئاگادارین لێیان ئەو كاتەی كە ئەو موشریكە ناحەق وێژانە بە نهێنی‌و بەچپە قسە دەكەن و دەڵێن بە باوەڕداران: بەراستی ئێوە هەرلە جادو لێ كراوێك پەیڕەوی دەكەن،واتە: ئەوەی كە ئێوە پەیڕەوی دەكەن پێغەمبەر نیە بەڵكو پیاوێكی جادو لێكراوە.

(٤٨) سەیر بكە چۆن وێنە دەهێننەوە دژی تۆ، جارێك بە جادو گەرت دادەنێن‌و جارێكی تر بەجادو لێ كراو، جارێك

شێتی سەرلێشێواوو جارێکیش شاعیری لێزان!! بەراستی ئەوانە ڕێگایان لێ هەڵە بووەو توانای دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستیان نیە.

(٤٩) خۆ ئەو بێ باوەڕانە دەڵێن: کاتێك کە ئێمە بوین بە ئێسقانو رزین ئایا تازە زیندو دەکرێنەوەو دەبینەوە بەدروست کراوێکی تازە، شتی وا دورەو ناگونجێتو پەروەردگار ئیشی وای پێ ناکرێت، ئەگەر پێتان وایە دروستکردنتان بۆ جارێکی تر لە ئێسقانی رزیو پتورکاو نەگونجاوە ،

(٥٠) دەی ئەی محمد ﷺپێیان بڵێ: ببن بەبەرد یان ببن بە ئاسن بەکەیفی خۆتان.

(٥١) یان ببن بە هەردروستکراوێکی تر کە لە دڵی خۆتاندا زۆر گەورەیەو بە دوورو نەگونجاوی دەزانن کە پاش نەمانی زیندو بکرێتەوە ،واتە : ئەگەرئەتوانن بەهەرچی ئەبن ببنو ڕێگا لەزیندو کردنەوە بگرن ،دڵنیا بن کەاللهﷻ زیندوتان دەکاتەوە، جا ئەوان دەڵێن: کێ دووبارە زیندومان دەکاتەوە؟! بڵێ: ئەو کەسەی کە یەکەم جار لە هیچ دروستی کردوون ئەو کەسە دووبارە زیندوتان دەکاتەوە ، جا ئەوان کە هیچ وەڵامێکیان نیە بۆ قسەکانی تۆ بەگاڵتەوە سەریان رادەوەشێنن کە گویا نازانین چی دەڵێیت ئەوەندە دەزانین کە ئەم قسەیە سەرسوڕهێنەرەو ناچێت بە مێشکی ئێمەداو دەڵێن: کەی ئەوڕۆژە دێت کە ئێمە زیندو بکرێینەوە؟! پێیان بڵێ: بەراستی ئەو ڕۆژی زیندو کردنەوە نزیکە،

(٥٢) لە ڕۆژێك دا دەبێ کە بانگ کەر بە فرمانی پەروەردگار بانگتان دەکاتو ئێوەش کوتوپڕ لە گۆڕەکانتان وەڵام دەدەنەوەو سوپاسی اللهﷻ دەکەن ، بەڵام سوپاسە کەتان ناچارییەو سودی نابێ، واتە ئەو لاشەی ئێوە کە رزیوە ئەو ڕۆژە زیندو دەبێتەوەو مل کەچانە فرمانی پەروەردگاری بەجێدەهێنێت خۆ ئەو کاتەش وا گومان دەکەن کە لەدونیادا جگە لە ماوەیەکی زۆر کەم نەژیاوون ،واتە: ئەم ژیانەی کە هەمو شتێکتان بۆ لەدەست داوە لەو کاتەدا دەڵێن زۆر کەم بوەو نەمانتوانیوە باش بیر بکەینەوەو سودی لێ وەر گرین، پاش ئەوە خوای میهرەبان تەمێی بەندە چاکەکانی دەکاتو دەفەرموێ:

(٥٣) ئەی محمد ﷺبە بەندەکانی من بڵێ: با لە کاتی قسە کردندا ئەو قسەیە بڵێن کە چاکترە، بۆ؟ چونکە بەراستی شەیتان هەوڵی دروستکردنی ناکۆکی دەدات لە نێوانیاندا ، بێگومان شەیتان بۆ ئینسان دوژمنێکی ئاشکرایە. واتە: ئامانجی شەیتان ئەوەیە کە لەنێوان بەندەکانی اللهﷻ دا کێشەوناکۆکی دورست بکات جا با ئاگایان لەقسەوزمانو هەڵسوکەوتیان بێتو ماوە بەشەیتان نەدەن کە بێتە نێوانیانەوە تەنانەت پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:{ لَا يُشِيرُ أَحَدُكُمْ عَلَى أَخِيهِ بِالسِّلَاحِ فَإِنَّهُ لَا يَدْرِي لَعَلَّ الشَّيْطَانَ يَنْزِعُ فِي يَدِهِ فَيَقَعُ فِي حُفْرَةٍ مِنْ النَّارِ/متفق عليه/ با هیچ کام لە ئێوە بە بەچەك ئاماژە نەکات بۆ براکەی خۆی چونکە لەوانەیە کە شەیتان هەڵداتە دەستیو براکەی خۆی بکوژێت جا ئەو کاتە بەهۆی ئەو ئیشەوە بکەوێتە ناو چاڵێکی ئاگرەوە}.

(٥٤) پەروەردگارتان لە خۆتان زاناترە بە کاروباری ئێوەو دەزانێ چی بەسودتانەو چی بەزیانتانە ، جا ئەگەر ئارەزۆی لێ بێت ڕەحمتان پێ دەکات ونازو نیعمەتی خۆی دەڕژێنێتە سەرتان ، وە ئەگەر ئارەزۆی لێ بێت سزاتان دەداتو کەسیش ناتوانێت ڕێگەی لێ بگرێت، دەی ژیرو بەفام ئەو کەسەیە کە تەنها لەو بترسێتو بەندایەتی ئەو بکات بەڵکو ئەو زاتە بەزەیی پێدابێتەوەو عەفوی بکات وە ئێمە تۆمان نەناردوە ئەی محمد ﷺکە تۆ چاودێرو نیگهبانی ئەوان بیو نەیەڵیت کە هەڵەو تاوان ئەنجام بدەن، تۆ پەیامی خۆت رابگەیەنە.

(٥٥) خۆ پەروەردگارت ئەی محمد ﷺ شارەزاو ئاگادارە بەوەی کە لە ئاسمانانو زەویدا هەیەو هیچی لێ ون نابێت دەزانێت کە ئەوان چۆن هەڵس وکەوت دەکەن لەگەڵ تۆداو تۆش چۆن پەیامەکەت بەئەوان دەگەیەنیت، خۆت بگرەو دڵت ناڕەحەت نەبێ ، وە بەحەقیقەت ئێمە بەرزمان کردەوە هەندێك لە پێغەمبەران بەسەر هەندێکی تریان داو دامان بە داوود زەبوور، قورئانو زەبوورو تەورات وئینجیل چوار پەراوون کە اللهﷻ بۆ پێغەمبەرانی ناردوە،

(٥٦) ئەی محمد ﷺپێیان بڵێ: با بانگ بکەنە ئەوانەی کەگومانتان دەبرد کە خودانو دەتوانن بێن بە هاوارتانەوە جگە لە ﷲ ، جا باش بزانن کە ئەوان دەسەڵاتی ئەوەیان نیە کە هیچ زیانێك لەسەرتان لابەن یان بیگۆڕنو بیدەن بە سەر کەسێکی تردا. لەم ئایەتەدا مەبەست لە پیاوچاکانن کە جگە لە ﷲ هاواریان لێ دەکرێت چونکە دەفەرموێ:

(٥٧) ئەوانەی کە ئەوان دەیان پەرستنو هاوریان لێ دەکەن کامیان زۆر نزیکترە لە پەروەردگاریو ساڵح ترە بەشوێن هۆدا دەگەڕێن بە عیبادەتو بەندایەتی کردنی پەروەردگاری خۆیان، وە ئومێدیان هەیەو چاوەروانی رەحمەتی پەروەردگاریان دەکەنو لە سزای دەترسن ، چونکە بەراستی سزای پەروەردگاری تۆ ئەوەندە سەختە کە شایانی خۆپاراستنە لێی. لە بارەی دابەزینی ئەم ئایەتەوە وتراوە کەکۆمەڵێك لەعەرەب بەندایەتی چەند کەسێکی جنۆکەیان دەکرد ، جا جنۆکەکان موسڵمان بوون بەڵام ئەوان هەر موشریك بوون کەوا بوو ئەوانەی کەئەوان دەیان پەرستن وا ئێستا کێ بەرکێ دەکەن بۆ رازی کردنی خوای باڵا دەست کەچی مرۆڤی بێ ئاگا هەر خەریکی پەرستنی ئەوانە، هەندێکیش دەڵێن: مەبەست عیسا ودایکی وفریشتەکانە کە هەریەکەیان کۆمەڵە خەڵکێك پەرستونی ودەیان پەرستن کەچی ئەوان هەوڵی رەزامەندی ﷲ دەدەن ودژی موشریکەکانن. راغب ئەسفەهانی لە بارەی وشەی ﴿ٱلۡوَسِيلَةَ﴾ دەڵێت: (الوسیله : التَّوَصُّلُ إلى الشَّيءِ بِرَغبَةٍ وَهيَ أَخَصُ مِن الْوَصِيلَةِ لِتَضَمُنِهَا لِمَعنَى الرَّغبَةِ .وشەی (الوسیله) واتە: گەیشتن بەشت بە مەیلو ئارەزۆو رەغبەتی خۆی وە ئەم وشەیە لە وشەی (الوصیله)پێش ترو تایبەتی ترە بە هۆی ئەوەی کە مانای ویستو ئارەزۆی لە خۆگرتووە کەواتە (الوسیله) نزیك بونەوەو گەیشتنێکە کە بە مەیلو ئارەزۆی خۆی بۆی هەڵدەسێت، بەراستی وەسیلەو هۆی نزیك بونەوەی بەندە لە ﷲ جگە لە بەندایەتی راستەقینە هیچ شتێکی تر نیە.

(٥٨) جا هیچ خەڵکی گوندێك نیە کە ئێمە ئەوان بەر لە هاتنی رۆژی قیامەت لەناوی ببەین یان سزای بدەین بە

وَمَا مَنَعَنَآ أَن نُّرۡسِلَ بِٱلۡأٓيَٰتِ إِلَّآ أَن كَذَّبَ بِهَا ٱلۡأَوَّلُونَۚ
وَءَاتَيۡنَا ثَمُودَ ٱلنَّاقَةَ مُبۡصِرَةٗ فَظَلَمُواْ بِهَاۚ وَمَا نُرۡسِلُ بِٱلۡأٓيَٰتِ
إِلَّا تَخۡوِيفٗا (٥٩) وَإِذۡ قُلۡنَا لَكَ إِنَّ رَبَّكَ أَحَاطَ بِٱلنَّاسِۚ وَمَا
جَعَلۡنَا ٱلرُّءۡيَا ٱلَّتِيٓ أَرَيۡنَٰكَ إِلَّا فِتۡنَةٗ لِّلنَّاسِ وَٱلشَّجَرَةَ ٱلۡمَلۡعُونَةَ
فِي ٱلۡقُرۡءَانِۚ وَنُخَوِّفُهُمۡ فَمَا يَزِيدُهُمۡ إِلَّا طُغۡيَٰنٗا كَبِيرٗا (٦٠)
وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ
قَالَ ءَأَسۡجُدُ لِمَنۡ خَلَقۡتَ طِينٗا (٦١) قَالَ أَرَءَيۡتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِي
كَرَّمۡتَ عَلَيَّ لَئِنۡ أَخَّرۡتَنِ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَأَحۡتَنِكَنَّ
ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٗا (٦٢) قَالَ ٱذۡهَبۡ فَمَن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ فَإِنَّ
جَهَنَّمَ جَزَآؤُكُمۡ جَزَآءٗ مَّوۡفُورٗا (٦٣) وَٱسۡتَفۡزِزۡ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتَ
مِنۡهُم بِصَوۡتِكَ وَأَجۡلِبۡ عَلَيۡهِم بِخَيۡلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكۡهُمۡ
فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِ وَعِدۡهُمۡۚ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ إِلَّا
غُرُورًا (٦٤) إِنَّ عِبَادِي لَيۡسَ لَكَ عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٞۚ وَكَفَىٰ
بِرَبِّكَ وَكِيلٗا (٦٥) رَّبُّكُمُ ٱلَّذِي يُزۡجِي لَكُمُ ٱلۡفُلۡكَ
فِي ٱلۡبَحۡرِ لِتَبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ كَانَ بِكُمۡ رَحِيمٗا (٦٦)

سزایەکی زۆر توندو سەخت لەبەر تاوان وخراپەی خۆیان مەگەر هەموی ئەوانە بەگوێرەی بڕیارێکەوەیە کە لە (لەوحولمەحفوز)دا تۆماکراوە ،واتە: خوای باڵادەست پێش بوونی ئەو خەڵکە زانای بووە کەچی دەکەن وچییان بەسەر دێتو ئەو شتە تۆمار کراوەو بە بێ گۆڕان هەر ئەوەو هەر ئەوەش دەبێ. ئیبنوعەباس دەڵێ:{ قَالَتْ قُرَيْشٌ لِلنَّبِيِّ ﷺ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ أَنْ يَجْعَلَ لَنَا الصَّفَا ذَهَبًا وَنُؤْمِنُ بِكَ قَالَ وَتَفْعَلُونَ قَالُوا نَعَمْ قَالَ فَدَعَا فَأَتَاهُ جِبْرِيلُ فَقَالَ إِنَّ رَبَّكَ عَزَّ وَجَلَّ يَقْرَأُ عَلَيْكَ السَّلَامَ وَيَقُولُ إِنْ شِئْتَ أَصْبَحَ لَهُمْ الصَّفَا ذَهَبًا فَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ مِنْهُمْ عَذَّبْتُهُ عَذَابًا لَا أُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِنْ الْعَالَمِينَ وَإِنْ شِئْتَ فَتَحْتُ لَهُمْ بَابَ التَّوْبَةِ وَالرَّحْمَةِ قَالَ بَلْ بَابُ التَّوْبَةِ وَالرَّحْمَةِ /أحمد، صححه الالباني/ واتە: قورەیش بە پێغەمبەریان وت: داوا بکە لە پەروەردگارت کە کێوی "سەفا" بکات بەزێڕ بۆمان جا باوەڕت پێدەکەین ، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ئەگەر وابوو باوەڕ دەهێنن؟ وتیان: بەڵێ، ئیبنوعەباس دەڵێ: جا پێغەمبەر ﷺ دوعای بۆ کردن ئەوسا جبرەئیل هات بۆلای و وتی: بەراستی پەروەردگارت سەلامت لێدەکاتو دەفەرموێ: ئەگەر دەیەوێت کێوی

"سەفا"یان بۆ دەكەم بەزێڕ ،جا ئەو كاتە هەر كەسێكیان كە باوەڕی نەهێنا سزایەكی وای دەدەم كە هیچ كەس لەم جیهانە ئاوا سزا نادەم ، وە ئەگەر دەیەوێت دەرگای تەوبەو لێبوردنیان بۆ دەكەمەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵكو دەرگای كراوەی تەوبەو لێبوردنم دەوێت. پاشان پەروەردگار ئەم ئایەتەی ڕەوانە كرد كە دەفەرموێ:

٥٩ جا هیچ شتێك ڕێگا لە ئێمە ناگرێ بۆ ئەوەی لەسەر داخوازی خۆیان نیشانەی ڕاستی تۆیان بۆ بنێرین جگە لەوەی كە گەلانی پێش ئەوان داوایان كردوەو بۆیان هاتوەو بەدرۆیان خستوتەوەو سزا دراونو لە ناوبراون، ئێمە ئەمانەوێ كە ئەم گەلەی تۆ بمێنێو بەتەواوی لەناو نەبرێن بۆیە داخوازیەكانیان سەبارەت بە دابەزینی نیشانەی ڕاستی تۆ ڕەوانە ناكەین بۆیان ئەوە بوو كە ئێمە دامان بەگەلی سەمود ئەو وشترەی كە زانراوە بەداوای ساڵح كە چاو ڕۆشنیەك بو بۆ ئەوان ئەبوایە بەبینینی ئەو وشترە باوەڕیان بە ساڵح بكردایە كەچی ئەوان ستەمییان لەخۆیان كرد بە هۆی حوشترەكەوە كە كوشتیان لە دوایدا سزادرانو بەدەنگێك لەناوچون، وە ئێمە هیچ نیشانەیەك لەنیشانەكان ڕەوانە ناكەین مەگەر بۆ ئەوەی خەڵكی بترسێتو لە خراپەو تاوان پەشیمان ببێتەوە ئەگەر پەشیمان نەبونەوە سزا دەدرێن ،جا تۆ ئەی محمد ﷺلەسەر ڕاگەیاندنی خۆت سوربەو لە پڕو پاگەندەی دوژمن مەترسە.

٦٠ جا بیركەرەوە لەو كاتەی كە ئێمە وتمان بە تۆ بەراستی پەروەردگارت گەمارۆی خەڵكی داوەو كەس لە دەستی ئەو دەرناچێتو هەمو لەژێر چاودێریو ئاگایی ئەودانو خوا تۆ دەپارێزێت لەوان، وە ئێمە ئەو بینینەی تۆمان لەكاتی شەوڕەوی وسەركەوتن بۆ ئاسمانەكاندا دانەناوە بێجگە لەوەی كەتاقی كردنەوەیەك بێ بۆ خەڵك ، جا ئەوەی كە دڵی بەروناكی ئیمان كرا بێتەوە، وەك ئەبوبكر باوەڕت پێ دەكاتو ئەوەش كە دڵی ڕەش بێ بەهۆی ستەمو كوفرەوە باوەڕت پێ ناكات جا هەردووكیان لەیەك جیا دەبنەوەو دەناسرێنو ڕۆژی دوای نكولی لێ ناكرێت، وە هەروەها ئەو درختە نەفرین لێ كراوەی كە لە قورئاندا باس كراوە كە درەختی "زەقوم"ـە هۆیەكی تری تاقی كردنەوەیەوە ، جا هەندێك دەیان وت: چۆن دەگونجێت لەناو ئاگردا درەخت هەبێتو نەسوتێت، وە ئێمە دەیانترسێنین لەسزای دنیاو پاشەرۆژ بەڵام ئەو ترساندنە هیچ شتێك لەوان زیاد ناكات جگە لەخۆبای بوونو سەركەشییەكی گەورە، ئەمە بەرپەرچێكی گرنگو گەورەیە بۆ ئەوانەی كە بەرژەوەندیان كردوە بە خوای خۆیانو هەموو شتێك بەسەنگی بەرژەوەندیدا كێشانە دەكەن، چونكە مادام خوا خۆی دەزانێ ترساندنیان چاكیان ناكات بەڵكو زیاتر ملهوڕو سەركەش دەبن ، جا بۆ فرمانی ترساندنی داوە؟! وردبنەوە!! جارێكی تر خوای میهرەبانو دانا باسی كێشەی نێوان ئادەم سەلامی خوای لەسەر بێو شەیتانمان بۆ دەكاتو دەفەرموێ:

٦١ بیر كەرەوە لەو كاتەی كە وتمان بە فریشتەكان سوجدە ببن بۆ ئادەم جا ئەوانیش سوجدەیان بۆ برد جگە لە ئیبلیس كە گوتی ئایا سوجدە ببەم بۆ كەسێك كە لە قوڕ دروستت كردوە؟

٦٢ وتی: پێم بڵێ ئەوە كەسێكی وایە كە تۆ ڕێزی ئەوت داوە بەسەرمن داوداوام لێدەكەیت كە سوجدەی بۆ بەرم؟ ئەوە شتێكی ئەوەندە كەمو لاوازە كە ئەگەر تۆ من دوا بخەی هەتا ڕۆژی قیامەتو ماوەم پێ بدەیت سوێند بێت هەمو ئەولادەكانی بە سەر لێ شێواندنو گومڕاهكردن لەناویان ببەم جگە لە كەمێكیان نەبێت كە ئەوانە خۆیان بۆ بەندایەتی پەروەردگار یەك لا كردوەتەوە.

٦٣ اللهُ فەرمووی: بڕۆ چی دەكەی بیكە ،جا ئەوەی لەوان كە پەیڕەویت لێوە بكات ، ئەوسا بە دڵنیاییەوە دۆزەخ بەشتانەو ئەو بەشەش پاداشتێكی فرەوان كراوەیە بۆتان.

٦٤ بڕۆ چەندێك لەوان دەتوانی بە دەنگەكەت كە گۆرانیو مۆسیقایە یان هەر دەنگێكی بانگ كەرە بۆ تاوان، ئارەزۆیان بجوڵێنەو هانیان بدە لەسەر تاوانو لە ڕێگای ڕاست لایان بدە، وە بە سوارەو پیادەكانتاوە هەرچیت هەیە كۆی كەرەوە لێیانو هێرش بكە سەریان، وە هاوبەشییان بكە لە ماڵیان ولە ئەولادیان دا تا بەشێوەیەك بەكاری بهێنن كە لە ڕەزامەندی تۆ دابێت وەك ئەوەی ماڵیان لە

حەرام بە دەست بهێنن یان لە حەرامدا خەرجی بکەن یان زەکات نەدەن یان توشی زینایان بکەیت یان منداڵەکانیان فێری رەوشتو ئەخلاق نەکەن یان بەرگری چاکەو جیهادیان لێبکن، تەنانەت ئەگەر پێش خواردن یان نزیکی نێوان ژنو پیاو ناوی خودا نەبرێت شەیتان ئامادە دەبێتو هاوبەشی دەکات، وە بەڵێنیان پێ بدەو هەمیشە نەداریو فەقیریان پێش چاو بخە تا لەترسی فەقیر بون هەر بەدنیاوە سەرقاڵ بنو کردەوە خراپەکانیان بۆ برازێنەوەو بەڵێنی نەهاتنی دوارۆژیشیان پێبدەو بەدڵنیاییەوە شەیتان هیچ بەڵێنێك بەوان نادات جگە لە فریودانو دەستخەرەکردنیان نەبێت، جا ئەی شەیتان چیت پێ دەکرێت بیکە.

(٦٥) بەڵام بزانەکە، بێگومان تۆ ئەی شەیتان هیچ دەسەڵاتێکت نیە بەسەر بەندە راستەکانی من داو ناتوانی فریویان بدەیت ، وە بیانخەڵەتێنی وبەسە کە پەروەردگارت پشتیوان بێت بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێی هەیەو پشتی پێ دەبەستن، ئینجا خوا بەشێکی تر لە نیعمەتەکانی خۆی دەخاتە بەرچاومانو دەفەرموێ:

(٦٦) پەروەردگارتان ئەو زاتەیە کە پاڵ دەنێ بە کەشتیەکانتانەوە لەو دەریایەدا تا بگەڕێن بە شوێنی رزق ورۆزییەك کە چاکەو نیعمەتی پەروەردگارە جاژیانی خۆتانی پێ دابین بکەن بەراستی ئەو پەروەردگارەی ئێوە زۆر بەسۆزو میهرەبانە بۆتان، بەڵام ئێوە زۆر سپڵەو نمەك نەناسن،

(٦٧) جاهەر کاتێ کەئێوە لە ناو دەریادا توشی نارەحەتی وزیان بوون لەو کاتەدا ئەوانەی کەپەروستوتانن لێتان ون دەبن جگە لە ﷲ و لەو کاتەدا تەنها لەو دەپارێنەوە کەچی کاتێك کە ئێوەی رزگار کردو هاتنە وشکاییەوەو ترستان نەما پشت دەکەنە ئایینەکەی خواو گوێی پێنادەن، وە ئینسان هەر ئاوا سپڵەونمەك نەناسەو زوو نیعمەتی ﷲی لە بیر دەچێتەوە. ئەم مرۆڤە چۆن بیر دەکاتەوە ئایا پێی وایە کە ﷲتەنها لە ناو دەریادا دەتوانێت سزای بداتو نقومی بکاتو دای پۆشێت؟!

وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِي ٱلْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّىٰكُمْ
إِلَى ٱلْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ كَفُورًا ﴿٦٧﴾ أَفَأَمِنتُمْ أَن يَخْسِفَ
بِكُمْ جَانِبَ ٱلْبَرِّ أَوْ يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ثُمَّ لَا تَجِدُوا۟ لَكُمْ
وَكِيلًا ﴿٦٨﴾ أَمْ أَمِنتُمْ أَن يُعِيدَكُمْ فِيهِ تَارَةً أُخْرَىٰ فَيُرْسِلَ
عَلَيْكُمْ قَاصِفًا مِّنَ ٱلرِّيحِ فَيُغْرِقَكُم بِمَا كَفَرْتُمْ ثُمَّ لَا تَجِدُوا۟
لَكُمْ عَلَيْنَا بِهِۦ تَبِيعًا ﴿٦٩﴾ ۞ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ
فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ
كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ﴿٧٠﴾ يَوْمَ نَدْعُوا۟ كُلَّ أُنَاسٍۭ
بِإِمَٰمِهِمْ فَمَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَقْرَءُونَ
كِتَٰبَهُمْ وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٧١﴾ وَمَن كَانَ فِي هَٰذِهِۦٓ
أَعْمَىٰ فَهُوَ فِي ٱلْءَاخِرَةِ أَعْمَىٰ وَأَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٧٢﴾ وَإِن كَادُوا۟
لَيَفْتِنُونَكَ عَنِ ٱلَّذِيٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ لِتَفْتَرِيَ عَلَيْنَا غَيْرَهُۥ
وَإِذًا لَّٱتَّخَذُوكَ خَلِيلًا ﴿٧٣﴾ وَلَوْلَآ أَن ثَبَّتْنَٰكَ لَقَدْ كِدتَّ
تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْـًٔا قَلِيلًا ﴿٧٤﴾ إِذًا لَّأَذَقْنَٰكَ ضِعْفَ
ٱلْحَيَوٰةِ وَضِعْفَ ٱلْمَمَاتِ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنَا نَصِيرًا ﴿٧٥﴾

(٦٨) ئایا ئێوە کە هاتنە وشکایی ئیتر لە سزای پەروەردگار بێترسن وناترسن لەوەی کە خوا بە گۆشەیەکی ئەو وشکاییەدا بتان بات بەناخی زەویدا وەك قاروون؟ یان بەرد بارانتان بکات وەك گەلی لوت؟ لەپاشان هیچ پارێزەرو یارمەتی دەرو پشتیوانێکتان دەست نەکەوێت؟

(٦٩) یان ئایا ئێوە ناترسن جارێکی تر بتانگەڕێنێتەوە بۆ ناو دەریا، جا بایەکی زۆر بەهێزتان بۆ رەوانە بکات وە کەشتیەکانتان بشکێنێو لەو دەریایەدا نوغرۆتان بکات بە هۆی ئەوەی کە بێ باوەڕو نمەك نەناس بوون لە پاشان کەسیشتان دەستان نەکەوێت کە تۆڵە لە ئێمە وەرگرێتەوە بۆتان؟ واتە: نەکەس نەتوانێ بتان پارێزێو نەکەستان هەیە پاش خۆتان بتۆانێ تۆڵەتان لە خوا وەرگرێت. جا باسپڵە نەبنو لە سزای بترسنو بزانن لە هەرکوێدا بن دەتوانێت تۆڵەتان لێوەرگرێت ،جا چۆن لە ناو دەریاو لە کاتی دژواری دا تەنها هاوارتان لەو دەکرد با لە وشکایو کاتی فەرەحیش هەر هاوار لەو بکەنو هاوەڵی بۆ دانەنێن.

(٧٠) خۆ بەراستی ئێمە رێزمان گرتوە لە رۆڵەکانی ئادەم و هەڵمان گرتوون لە دەریادا بە هۆی کەشتیەوە ولە

وشکاییدا بەهۆی ئەوشتانەی کە هاتووچۆی پێدەکرێتو رۆزی ئەوانمان لە شتەپاکەکان داوەو رێزئەوانمان داوەبەسەر زۆربەی ئەوانەی کە دروستمان کردون بەرێزلێنانێکی بەرچاووشایان کەزۆربەی دروستکراوەکانی تر گەردن کەچو رامن بۆیان، جا با مرۆڤ سپڵە نەبێتو سوپاسی ئەو نیعمەتانە بکات، پاشان خوای گەورەو بالادەست کتوپڕ دەمان باتەوە بۆ قیامەتو دەفەرموێ:

٧١ بیرکەرەوە لە رۆژێك کە ئێمە بانگ دەکەینە هەمو خەلك لە گەڵ ئیمام وپێشەواکەی وچاك وخراپ لەیەك جیا دەکەینەوە ، جا ئەو کەسەی نامەی کردەوەکانی بە دەستی راست پێ بدرێت خۆش بەختە ، ئەوسا ئەوان نامە کرداری خۆیان دەخوێنەوەو دەبینن بە ئەندازەی ئەو دەزوە باریکەی ناو دەنکی خورما زیانیان لێ نەدراوەو هەموو چاکەکانیان لە گەورەو بچووك تۆمار کراوە.

٧٢ جا ئەو کەسەی کە لە دنیادا کوێربوەو لەگەڵ بوونی ئەو هەموو بەلگە گەورەو رۆشنانەدا رێگای خوای نەدۆزیوەتەوە ئا ئەوە لە رۆژی قیامەتیشدا کوێر دەبێو بەکوێری حەشر دەکرێت ولە هەموو کەس زیاتریش رێگای لێ ون دەبێو بێ بەلگەو داماوو سەرشۆڕتر دەبێو لە دۆزەخدالەبیر دەبرێتەوە.

٧٣ بەراستی نزیك بو کە ئەوان تۆ فریو بدەنو تووشی بەلات بکەن لە بارەی ئەوشتەوە کە وەحیمان کردوەتە لات ، تا تۆش درۆ بەدەم ئێمەوە بکەیتو ماوەیەك خۆت بگریت لەدژایەتی خواکانیان ، جا ئەو کاتە ئەوان تۆیان دەکرد بە دۆستی خۆیان ، واتە: کێشەی ئەوان لەگەڵ تۆدا لەسەر خۆت نیەو ئەوان تۆ بە خاوەن خوورەوشتی جوان دەناسن بەڵام کێشەی ئەوان لەگەڵ ئەم بانگەوازەی تۆدایە کە دژ بەخواکانیانەو هاندەرە بۆ یەکتا پەرەستی. بەراستی ئەگەر بەرژەوەندی پەرەستەکانی ئەمرۆیش لەوکاتەدا بۆنایە هەروەك ئەمرۆ دەبینین بەناو مەسلەحەتو بەرژەوەندیو سیاسەتەوە دەیان وت: بۆ ناگونجێین لەگەلتاندا بەلکو ئێمە ئەو گونجانو بەیەکبونە بەپێویست دەزانینو پێمان وایە کە لە بەرژەوەندی هەمو لایەك دایەو بیروبۆچونی هەمووکەسێکیش لەلای ئێمە رێزی هەیە با باوەڕی بە ﷲو پێغەمبەریش نەبێتو بانگ کەر بێت بۆ بێدینیو وازهێنان لە فرمانەکانی قورئانو سونەتو گاڵتەکەر بێت بە یاساکانی ئیسلام گرنگ ئەوەیە کە جەماوەر قبوڵمان کاتو پلەو پایەو خەیرێکی دنیامان دەست کەوێت ، جا بەلگەش دەهێنینەوە کە ها پێغەمبەر ﷺلەگەڵ بێباوەڕاندا پەیمانو عەهدی بەستوە ئێمەش هەر ئاوەها پەیمانمان بەستوە لەسەر ئەوەی کە هەمومان هاوبەش بین لە دانانی حەڵاڵو حەرام ویاساو رێزنان لە بیرو بۆچونی یەکترو ئەوەش کە بەرەنگاریمان بکات بێ سیاسەتو واقیع نەناسە! بێ ئاگا لەوەی کە دانانی یاسا بۆ مرۆڤ هەر شیاوی ئەو زاتەیە کە دروستی کردونو دەربڕینی بێزاریو رقوقین بەرامبەر بە هەر کوفرێك یان هەر یاسایەك جگە لە قورئانو فەرمودە راستەکانی پێغەمبەر ئەرکی سەرشانیەتیو یەکتاپەرستیو ئیمانی راستەقینە بە بێ ئەوە دانامەزرێتو ئەمە شوێنی مەیل کردنو شیرینزمانی نیە ئەوەتەلەم ئایەتانەدا کەلە مەکەداولەکاتی بێ دەسەلاتی پێغەمبەر ﷺو موسڵمانانندا هاتوەتە خوارەوە چۆن پەروەردگاری جیهان هەڕەشەی ئاوا نزیك بوونەوەیەك لە پێغەمبەر ﷺدەکاتودەفەرموێت:

٧٤ خۆ ئەگەر ئێمە تۆمان دامەزراو راگیر نەکردایە لەسەر ئەم ئاینە بەراستی نزیك بوو کە کەمێك مەیلی دڵ بکەی بۆلای ئەوان ئەگەر چی مەبەستی تۆ دنیا نەبوەو بەلکو بەهیوای ئەوەی کە ئەوانیش بە نەرمی لەگەڵ تۆدا بجوڵێنەوەو دژایەتیت نەکەنو قسەکانت لێ وەرگرن، بەڵام پەروەردگار تۆی دامەزراوو کرد، جا بۆیە تۆ کەمترین مەیلو نەرمیەکت بەرامبەر بەوان نەنواند.

٧٥ بەڵام ئەگەر کەمترین مەیلت بکردایە بۆلایان،جا ئەوکاتە ئێمەش سزای چەند بەرامبەری ژیانو چەند بەرامبەری مردنو دوارۆژمان بەسەرتا دەدا لەپاشان تۆ یارمەتی دەرێکت دەست نە دەکەوت کە رێگا لە ئێمە بگرێت لە سزادانت.

٧٦ جا بەراستی ئەوان خەریك بوون تۆ بجوڵێنن لەسەر زەویداو سوکت بکەنو دەرت بکەن، خۆ ئەگەر ئەوەیشیان بەتۆ بکردایەو لەناویان ببردایت باش بزانە کە ئەوانیش

نەدەمانەوە پاش تۆ جگە لە ماوەیەکی کەم، واتە: ئێمە تۆڵەمان لێ دەسەندن وئەمان فەوتاندن لەدنیاداو کەس نەی دەتوانی رێگامان بگرێت.

(٧٧) ئەمەیش رەوشتو رێبازی ئەو کەسەیە کە لە پێش تۆدا رەوانەمان کردوە کە رەوانە کردنی سزایە بۆ ئەو گەلانەی کە دژی پێغەمبەرەکەیان بوون ، جا ئەگەر ئەمانیش دەست هەڵ نەگرن لە ئازاردانت بەڵا بەسەر ئەمانیشدا دەهێنین‌و تۆ دەستت ناکەوێت‌و نایبینی کە رەوشتی ئێمە بگۆڕێت، دەڵێن هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوە بوو کافرانی مەکە برِیاری دەرکردنی پێغەمبەریاندا ﷲیش بەم شێوەیە هەڕەشەی لێ کردن بەڵام ئەوان گوێیان بەهەڕەشەی ﷲ نەداو پێغەمبەریان ﷺدەرکرد لەمەکەو ساڵ ونیوێك زیاتری نەخاواند کە ﷲ بە غەزای "بەدر" تۆڵەی لێ وەرگرتن‌و حەفتا لەگەورە پیاوان‌و پایە بەرزانی وەك ئەبوجهل وعوتبەو شەیبەو ئەبوبەختەری کوژران‌و سام‌و هەیبەتی خوانەناسان لەناو چوو، ئینجا خوای گەورە فرمان دەدات بەسەر پێغەمبەرماندا ﷺ کەنوێژەکانی لەکاتی خۆیاندا ئەنجام بدات‌و دەفەرموێ:

(٧٨) ئەی محمد ﷺ کاتێك کە خۆر لار دەبێتەوە هەتا تاریکایی شەو نوێژ بکە کە نوێژی نیوەڕۆو عەسرو مەغریب‌و عیشا دەکات، وە قورئان خوێندنەکەی بەیانیانیش ئەنجام بدەکە بریتیە لە نوێژی بەیانی بەراستی نوێژی بەیانی کاتی ئامادەبونی فریشتەکانی شەوو رۆژە.

(٧٩) جا تۆ لەبەشێکی شەودا هەڵسە بۆ نوێژ کردن ئەوە زیادەیەکەو لەسەر تۆ پێویستە ئەی محمد ﷺ، چونکە نزیکە پەروەردگارت پلەیەکت پێ بدات کەسوپاس کراوبێ‌و هەمو مرۆڤ بە دەستکەوتنی ئەو پلەیە سوپاست بکەن، مەبەست شەفاعەتی گەورەیە کە کاتێك لە هەمو پێغەمبەران ئائومێد دەبن کە تکایان بۆ بکەن بۆ ئەوەی کە پەروەردگار لە نێوانیاندا حیساب وکتاب دەست پێبکات‌و لەو دژواریەی مەحشەر رزگاریان ببێت، جا ئەو کاتە پێغەمبەرمان ﷺهەڵدەسێت بەو شەفاعەتە گەورەیە وەك لەفەرمودەی راستدا هاتووە بەوشێوەیە ﷲ رێزی

وَإِن كَادُواْ لَيَسۡتَفِزُّونَكَ مِنَ ٱلۡأَرۡضِ لِيُخۡرِجُوكَ مِنۡهَاۖ
وَإِذٗا لَّا يَلۡبَثُونَ خِلَٰفَكَ إِلَّا قَلِيلٗا ٧٦ سُنَّةَ مَن قَدۡ
أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ مِن رُّسُلِنَاۖ وَلَا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحۡوِيلًا ٧٧ أَقِمِ
ٱلصَّلَوٰةَ لِدُلُوكِ ٱلشَّمۡسِ إِلَىٰ غَسَقِ ٱلَّيۡلِ وَقُرۡءَانَ ٱلۡفَجۡرِۖ إِنَّ
قُرۡءَانَ ٱلۡفَجۡرِ كَانَ مَشۡهُودٗا ٧٨ وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَتَهَجَّدۡ بِهِۦ
نَافِلَةٗ لَّكَ عَسَىٰٓ أَن يَبۡعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامٗا مَّحۡمُودٗا ٧٩ وَقُل رَّبِّ
أَدۡخِلۡنِي مُدۡخَلَ صِدۡقٖ وَأَخۡرِجۡنِي مُخۡرَجَ صِدۡقٖ وَٱجۡعَل لِّي مِن
لَّدُنكَ سُلۡطَٰنٗا نَّصِيرٗا ٨٠ وَقُلۡ جَآءَ ٱلۡحَقُّ وَزَهَقَ ٱلۡبَٰطِلُۚ
إِنَّ ٱلۡبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقٗا ٨١ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلۡقُرۡءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٞ
وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارٗا ٨٢ وَإِذَآ
أَنۡعَمۡنَا عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ أَعۡرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦۖ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ كَانَ يَـُٔوسٗا
٨٣ قُلۡ كُلّٞ يَعۡمَلُ عَلَىٰ شَاكِلَتِهِۦ فَرَبُّكُمۡ أَعۡلَمُ بِمَنۡ هُوَ أَهۡدَىٰ
سَبِيلٗا ٨٤ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي
وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا ٨٥ وَلَئِن شِئۡنَا لَنَذۡهَبَنَّ
بِٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ بِهِۦ عَلَيۡنَا وَكِيلًا ٨٦

لێدەگرێت‌و ئەو پلەیەی پێ دەبەخشێت‌و هەموخەڵکیش سوپاسی دەکەن‌و هەمویان رێزو گەورەیی پێغەمبەریانﷺ بۆ دەردەکەوێت‌و دەیناسن ئەگەر چی ئاخر پێغەمبەرە ﷺ.

(٨٠) جا ئەی محمد ﷺبڵێ: ئەی پەروەردگارم بمخەرە شوێنێکی راستی وا کە هەمو شتی تێدابێت‌و پەکم بۆ هیچ نەکەوێت‌و دەرم بکە بەدەرکردنێکی چاك لەو شوێنە چاك‌و راستە کە مەکەیە، جا هەندێك دەڵێن: ئەی پەروەردگارم بمرێنە بەمردنێکی چاك‌و زیندوم بکەرەوە بەزیندوکردنەوەیەکی چاك. وە لە لایەنی خۆتەوە هێزو یارمەتیدەرێکی وام پێبدە کە بتوانم بەسەر دوژمنانی ئایین دا زاڵ ببم، ئینجا خوا دەفەرموێ:

(٨١) جا بڵێ: حەق هات‌و بەتاڵ فەوتا بێگومان بەتاڵ لەناوچووە، چونکە بەتاڵ بێ‌بنەماو دوور لە هەمو راستیەکانەو لەناوچونی بێگومانە بەڵام بەومەرجەی کە حەق بێت‌و روبەروی بوەستێت. ئیبنو مەسعود دەڵێ: {دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺمَكَّةَ عَامَ الْفَتْحِ وَحَوْلَ الْكَعْبَةِ ثَلَاثُ مِائَةٍ وَسِتُّونَ نُصُبًا فَجَعَلَ النَّبِيُّ ﷺ يَطْعَنُهَا بِمِخْصَرَةٍ فِي يَدِهِ وَرُبَّمَا قَالَ بِعُودٍ وَيَقُولُ: جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا جَاءَ

الْحَقُّ وَمَا يُبْدِئُ الْبَاطِلُ وَمَا يُعِيدُ /الترمذي، صححه الالباني/ واته پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لە کاتی سەرکەوتنی مەکەدا کاتێ کە چووە مەکەوە لەچوار دەوری کەعبەدا سێ سەدو شەست بت دانرا بوو بۆ پەرستن کە بە عەساکەی هێماو ئیشارەی بۆ دەکردن‌و دەیفەرمو: ئیسلام هات‌و کوفر لەناوچوو حەق کە هات بەتاڵ‌و بت پەرستی وەك پێش دەست پێناکاتەوەو جارێکی تر وەك خۆی ناگەڕێتەوە.}

(٨٢) جا ئێمە نازڵمان کردوە لە ئەم قورئانەدا ئەوەی کە شیفایەو رەحمەتە بۆ ئیمانداران، وەزاڵمان هیچ سودێك لەم قورئانە وەرناگرن جگە لە زیان ، چونکە بەبۆنەی دژایەتی قورئانەوە زیاتر رەنجەڕۆو خەسارەت مەند دەبن‌و رۆژی قیامەتیش پێغەمبەرمان ﷺ شایەتی دەدات لەسەر ئەو کەسانەی کە بە گوێی قورئانیان نەکردوەو دەفەرموێ:
﴿ وَقَالَ الرَّسُولُ يَٰرَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَٰذَا الْقُرْءَانَ مَهْجُورًا / فورقان: ٣٠. ئەی پەروەردگارم ئەم گەلەی من وازیان نا لەم قورئانە هێناوەو ئیشیان پێ نەدەکرد﴾

وە دەبێت بە بەڵگەیەك لە سەریان کەواتە قورئان زیاتر بوو بەهۆی زیان وسزای سەخت بۆ بێ باوەڕان بەڵام شیفایە بۆ باوەڕداران هەم شیفای گیانی‌و رۆحی هەم شیفای لەش‌و جەستەیی والله اعلم. دایکمان عایشە دەفەرموێت:{ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَنْفُثُ عَلَى نَفْسِهِ فِي الْمَرَضِ الَّذِي مَاتَ فِيهِ بِالْمُعَوِّذَاتِ فَلَمَّا ثَقُلَ كُنْتُ أَنْفِثُ عَلَيْهِ بِهِنَّ وَأَمْسَحُ بِيَدِ نَفْسِهِ لِبَرَكَتِهَا/البخاري/ واتە: پێغەمبەر ﷺ لەو نەخۆشیەدا کە وەفاتی کرد سورەتی(الاخلاص)و (الفلق)و (الناس) ی دەخوێندو پاشان فووی دەکرد بەلەشی خۆیدا کاتێك کە نەخۆشیەکەی سەختر بوو من ئەو سورەتانم دەخوێندو فوم دەکرد بەڵام بەبۆنەی بەرەکەت‌و پیرۆزی دەستی پێغەمبەر ﷺ هەر دەستی خۆیم بە لاشەیدا دەهێنا.

(٨٣) خۆ هەر کاتێ نیعمەتی خۆمان رژان بەسەر مرۆڤدا پشت تێ دەکات وخۆی دوور دەخاتەوە لەسوپاس کردنی الله ، وە هەر کاتێ توشی زیان‌و ئێش وئازار بوو نائومێد ئەبێ وچاوەڕێ ناکات کە جارێکی تر توشی خەیرو خۆشی ببێ ،جا دەفەرموێ:

(٨٤) ئەی محمد ﷺ بڵێ هەمو ئیش دەکەن بە شێوەی خووڕەوشتی ناو دەرونی خۆی، دڵ‌و دەرون پاکان کە باوەڕدارانن ئیشیان پاکە، وەدڵ‌و دەرون پیسان کە بێ باوەڕانن ئیشیان خراپە ،واتە: دڵتەنگ وغەمگین مەبە لەکاری ناپەسەندی بێباوەڕان ، چونکە کارەکانیان وێنەی ناو دەرونی خۆیان دەردەخات ئەوسا پەروەردگارتان زاناترە لە ئێوە بەو کەسەی کە چاکتر رێگای هیدایەتی گرتووەو هەر کەسێکیش بە گوێرەی کرداری خۆی پاداش دەداتەوە.

(٨٥) جا ئەوان لەبارەی روحەوە پرسیارت لێ دەکەن بڵێ: روح شتێکە لە فەرمانی پەروەردگارم‌و دروست کراوی ئەوەو چونیەتییەکەی هەر لە عیلمی ئەو دایەو من هیچ شتێکی لێ نازانم‌و ئێوەش خۆتان هەڵمەکێشن ، چونکە پێتان نەدراوە لەزانیاری‌و عیلم مەگەر شتێکی زۆر کەم، لەهۆی دابەزینی ئەم ئایەتەدا دوو ریوایەت هاتوە: یەکێکیان وادەگەیەنێ کە ئەم ئایەتە لەمەدینەدا دابەزی بێت کە ریوایەتەکەی عەبدوڵای کوڕی مەسعودە کە (بخاری‌و مسلم) ریوایەتان کردوە کە گوایە جولەکەکان لەبارەی رۆحەوە پرسیارەیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد تابزانن ئایا پێغەمبەرە یان پێغەمبەر نیە بەڵام ریوایەتەکەی عەبدوڵای کوڕی عەباس کە ترمزی ریوایەتی کردوە دەری دەخات کە ئەم ئایەتە وەك باقی سورەتەکە لەمەکەدا هاتوەتە خوارەوە کە گوایە قورەیشییەکان چوونەتە لای جولەکەکانی مەدینەو باسی پێغەمبەریان بۆ کردون‌و وتویانە ئایا لەلای ئێوە کە ئێوە خاوەنی پەڕاون شتێك هەیە کەئێمە بتوانین بەوشتە محمد تاقی بکەینەوەو بزانین راستە پێغەمبەرە یان درۆدەکات، جوەکان وتیان: بچن سێ پرسیاری لێ بکەن ئەگەر بەراستی وەڵامی دانەوە ئەوە راستە پێغەمبەرە یەکێك لەوپرسیارانە، پرسیاری روح بوو کەچیەو چۆنە کەوەڵامیشی بەشێوەی راستدانەوە ئینجا راستی پێغەمبەریان بۆدەرکەوت بەڵام شەیتان سەری لێ شێواندن‌و هەر لەسەر دژایەتی پێغەمبەر ﷺ سوربوون تا زۆربەیان بەر شیرو تیری موسڵمانان کەوتن لەغەزای "بەدر"دا.

إِلَّا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ إِنَّ فَضْلَهُۥ كَانَ عَلَيْكَ كَبِيرًا ﴿٨٧﴾ قُل
لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ
لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴿٨٨﴾ وَلَقَدْ
صَرَّفْنَا لِلنَّاسِ فِى هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ فَأَبَىٰٓ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ
إِلَّا كُفُورًا ﴿٨٩﴾ وَقَالُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفْجُرَ لَنَا مِنَ
ٱلْأَرْضِ يَنۢبُوعًا ﴿٩٠﴾ أَوْ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَعِنَبٍ
فَتُفَجِّرَ ٱلْأَنْهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفْجِيرًا ﴿٩١﴾ أَوْ تُسْقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا
زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا أَوْ تَأْتِىَ بِٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلًا ﴿٩٢﴾
أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِّن زُخْرُفٍ أَوْ تَرْقَىٰ فِى ٱلسَّمَآءِ وَلَن نُّؤْمِنَ
لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَٰبًا نَّقْرَؤُهُۥ قُلْ سُبْحَانَ رَبِّى هَلْ
كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٣﴾ وَمَا مَنَعَ ٱلنَّاسَ أَن يُؤْمِنُوٓا۟ إِذْ جَآءَهُمُ
ٱلْهُدَىٰٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٤﴾ قُل لَّوْ كَانَ
فِى ٱلْأَرْضِ مَلَٰٓئِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِم
مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَلَكًا رَّسُولًا ﴿٩٥﴾ قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ
شَهِيدًۢا بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرًۢا بَصِيرًا ﴿٩٦﴾

وە پاش سەرکەوتنی پێغەمبەرمان ﷺبەسەر مەکەدا ئەوەی کە مابوو موسڵمان بوونو خزمەتی زۆر گەورەیشیان بە ئایین وپێغەمبەری خوا ﷺکرد خوا لە هەمویان رازیبێ. ئینجا خوای گەورە باسی ئەونیعمەتە گەورەی خۆی کە قورئانە دەکات کە چۆن ناردویەتیە خوارەوە هەرواش دەتوانێت بەرزی بکاتەوەو ئەو نیعمەتە گەورە لە ناو بەندەکانیدا هەلگرێت جا دەفەرموێ:

﴿٨٦﴾ ئەگەر ئێمە ئارەزۆمان لێ بێت بەراستی ئەوەی کە ناردوومانەتە لای تۆ هەموی لەناودەبەین جا هیچی نە لە بیری خۆتداو نە لە بیری کەسی تردا نامێنێت پاشان هیچ پشتیوانێکت دەست ناکەوێتو کەس یارمەتیت نادات لە سەر ئەوەی کە نەهێڵێت ئێمە ئاوا بکەین یان بۆت بهێنێتەوە،

﴿٨٧﴾ بەڵام خوا ئەم ئیشە ناکات بەڵکو ئەم قورئانەی ناردوە کە مایەی فەرو خێر بێت تا ئەو کاتەی کە خۆی دەزانێ، بێگومان فەڕوخێری ئەو بەسەر تۆوە ئەی محمد ﷺزۆر گەورەیە کە تۆی هەڵبژاردوەو کردویتی بە پێغەمبەر وئەم قورئانە پڕ خێرو بەرەکەتەی پێداویت. جا ئێوەش ئەو قورئانە بخوێننەوەو فرمانەکانی بەجێ بهێننو ئامۆژگاریەکانی وەرگرن پێش ئەوەی کە ﷲ بەرزی بکاتەوەو ئایەتێکی لە سەر زەویدا نەهێڵێت، حوزەیفەی کوڕی یەمان دەڵێ: پێغەمبەر ﷺفەرموی:{ يَدْرُسُ الْإِسْلَامُ كَمَا يَدْرُسُ وَشْيُ الثَّوْبِ حَتَّى لَا يُدْرَى مَا صِيَامٌ وَلَا صَلَاةٌ وَلَا نُسُكٌ وَلَا صَدَقَةٌ وَلَيُسْرَى عَلَى كِتَابِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ فِي لَيْلَةٍ فَلَا يَبْقَى فِي الْأَرْضِ مِنْهُ آيَةٌ وَتَبْقَى طَوَائِفُ مِنْ النَّاسِ الشَّيْخُ الْكَبِيرُ وَالْعَجُوزُ يَقُولُونَ أَدْرَكْنَا آبَاءَنَا عَلَى هَذِهِ الْكَلِمَةِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فَنَحْنُ نَقُولُهَا /ابن ماجه،الحاكم، صححه الالباني/ واتە: ئیسلام کەم کەم رەنگ وروی نامێنێ وەك لیباس چۆن کۆن دەبێ ئاوای پێدێت کە نازانرێ کە رۆژو چیەو نوێژو قوربانی وچاکە چیە تا شەوێك دێت یەك ئایەتی ئەم قورئانە لەسەر زەویدا نامێنێ کۆمەڵێ پیاوو ئافرەتی پیر دەمێنن کە دەڵێن: کاتی خۆی لەباووباپیرانمانەوەگوێمان لەم وشەی ﴿لااله الا الله﴾ بوە، جا ئێمەش ئەوە دەڵێین.

پاشان پەروەردگار باس لە گەورەی ئەم قورئانە دەکات کە کەس ناتوانێت وێنەی بهێنێو دەفەرموێ:

﴿٨٨﴾ پێیان بڵێ: ئەگەر هەموو ئینسان وجنۆکە کۆببنەوە لەسەر ئەوەی کەوێنەی ئەم قورئانە بهێنن ناتوانن وێنەی بهێنن ئەگەر چی هەندێکیان یارمەتی هەندێکیان بدەن، لێرە دا فەرموی وێنەی بهێنن کە نەیانتوانی پاشان فەرموی دە سورەت کە ئەویشیان نەتوانی پاشان فەرموی یەك سورەت بهێنن، ئەویشیان نەتوانی جا چی لەوە گرنگترە کە محمدی نەخوێندەوار پەڕاوەیەك بە زمانی عەرەبی بهێنێت کە هەمو عەرب لەگەڵ هەمومرۆڤێکی ترو تەواوی جنۆکەدا نەیانتوانیوەو ناشتوانن سورەتێك وەك سورەتی ئەو پەڕاوەی ئەو بهێنن لەحاڵێکدا هەوڵی ئەوەیشیان داوەوبەتوندیش دژایەتیانکردوە؟ جا ئەوەی خاوەنی ژیرییەکی ساغ بێت دەزانێ ئەو پەڕاوە لە لایەن خوداوە هاتوەو محمدیش ﷺپێغەمبەریەتی بەڵام "ئەگەر ژیری نەما گیان والە سزادا" ئینجا خوای زاناو باڵادەست دەفەمویّ:

وَمَن يَهۡدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلۡمُهۡتَدِۖ وَمَن يُضۡلِلۡ فَلَن تَجِدَ لَهُمۡ أَوۡلِيَآءَ
مِن دُونِهِۦۖ وَنَحۡشُرُهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمۡ عُمۡيٗا وَبُكۡمٗا
وَصُمّٗاۖ مَّأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ كُلَّمَا خَبَتۡ زِدۡنَٰهُمۡ سَعِيرٗا ﴿٩٧﴾
ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُم بِأَنَّهُمۡ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا
وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدًا ﴿٩٨﴾ ۞ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ
ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يَخۡلُقَ مِثۡلَهُمۡ
وَجَعَلَ لَهُمۡ أَجَلٗا لَّا رَيۡبَ فِيهِ فَأَبَى ٱلظَّٰلِمُونَ إِلَّا كُفُورٗا ﴿٩٩﴾
قُل لَّوۡ أَنتُمۡ تَمۡلِكُونَ خَزَآئِنَ رَحۡمَةِ رَبِّيٓ إِذٗا لَّأَمۡسَكۡتُمۡ خَشۡيَةَ
ٱلۡإِنفَاقِۚ وَكَانَ ٱلۡإِنسَٰنُ قَتُورٗا ﴿١٠٠﴾ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ تِسۡعَ
ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖۖ فَسۡـَٔلۡ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِذۡ جَآءَهُمۡ فَقَالَ لَهُۥ فِرۡعَوۡنُ
إِنِّي لَأَظُنُّكَ يَٰمُوسَىٰ مَسۡحُورٗا ﴿١٠١﴾ قَالَ لَقَدۡ عَلِمۡتَ مَآ أَنزَلَ
هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ بَصَآئِرَ وَإِنِّي لَأَظُنُّكَ
يَٰفِرۡعَوۡنُ مَثۡبُورٗا ﴿١٠٢﴾ فَأَرَادَ أَن يَسۡتَفِزَّهُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ
فَأَغۡرَقۡنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ جَمِيعٗا ﴿١٠٣﴾ وَقُلۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِۦ لِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ
ٱسۡكُنُواْ ٱلۡأَرۡضَ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ ٱلۡأٓخِرَةِ جِئۡنَا بِكُمۡ لَفِيفٗا ﴿١٠٤﴾

(٨٩) بەراستی ئێمە لەم قورئانەدا لە هەمو وێنەیەکی پێویستو کاریگەرمان هێناوە بۆ خەڵكوجێگۆڕکەمان پێکردوە بۆئەوەی ببێت بە پەندوئامۆژگاری بۆیان ورێگای حەق بگرن وپەیڕەوی پێغەمبەر ﷺبکەن بەڵام زۆربەی خەڵك جگە لە بێ باوەڕی شتێکی تریان نەویست. بەڵێ ئەوان ئەو هەمو بەلگە رۆشنانەی کە لەو قوئانەدا هەیە وازلێدەهێننو داوای بەلگەو موعجیزاتی تر دەکەن،

(٩٠) خۆ وتیان باوەڕت پێ ناکەین هەتا لەم زەوییەدا کانی ئاوێکمان بۆ هەڵنەقوڵێنیت،

(٩١) یان هەتا تۆ خۆت باخچەیەکت نەبێت لەخورماو ترێ کەبە ناویاندا جۆگای ئاو بڕوات چۆنرۆیشتنێك،

(٩٢) یان وەك تۆ گومانەکەیت کە سزا دێت بەسەرماندا با لە ئاسمانەوە پارچەیەکی بباڕێت بەسەرمان داو لەناومان ببات یان تۆ خواو فریشتەکانمان بۆبهێنیت تا ئێمە بەچاوی خۆمان بیان بینین ئەگینا ئێمە باوەڕت پێ ناکەین.

(٩٣) یان با تۆماڵێکی زۆر رازاوەت هەبێت یان تۆ سەرکەوە بۆ ئاسمان کە هەرگیزباوەڕت پێ ناکەین بەوسەرکەوتنەیشت تاتۆ نامەیەکمان بۆ نەهێنی لەلایەن خوداوە کەئێمە خۆمان بیخوێنینەوە، ئەی محمد ﷺبڵێ: پاكو بی عەیبە پەروەردگارم من جگە لەوەی کە بنیامێکمو نێرراوی اللهم شتێکی ترنیم ،واتە، بڵێ: ئەو شتانەی کە داوای دەکەن لەمن ئەوە ئیشی من نیەو من تەنها گەیاندنی پەیامی خوام پێ سپێرراوە کێ باوەڕ دەهێنێ سودی بۆ خۆیەتیو کێش باوەڕم پێ ناکات زیانی بۆخۆیەتی،

(٩٤) هەر کاتێ پێغەمبەرو رێنمای هاتوە بۆ خەڵك جگە لەوقسەیەی کەدەیان وت: چۆن دەبێت بەشەرێك پێغەمبەربێت هیچ شتێکی تر نەبوە کە بەرگری لە خەڵکە بکات بۆ باوەڕ هێنانو تەنها هەر ئەو بهانەیان هەبوە جا پەروەردگار دەفەرموێ:

(٩٥) پێیان بڵێ ئەگەر لەسەر زەویدا فریشتەکان بەئارام هاتوچۆیان بکردایەو سەقام گیر بونایە وەك ئێوە بەراستی ئەو کاتەش ئێمە لە ئاسمانەوە فریشتەمان دەکرد بە پێغەمبەرو رەوانەمان دەکردە سەر ئەو فریشتانە، جا بت پەرستەکان وتیان: ئەی محمد ﷺکێ شایەتە لەسەر راستیت؟ خوایش فەرموی:

(٩٦) بڵێ: بەسە کە الله شایەت بێت لەنێوان منوئێوەدا کە ئەوەی من ئەڵێم لەلایەن ئەو زاتەیە، بەڵام ئەوەی کەئێوە ئەیلێن هەموی درۆو بختیانە بەراستی خوا ئاگادارە بەوەی کە بەندەکانی دەیلێنو بینەری هەمو هەڵس وکەوتەکانیانە، کەوابو تۆ نارەحەت مەبەو دڵ تەنگ مەبە چونکە بەراستی هیدایەتو رێنمای هەر بەدەست ئەو زاتە خۆیەتی.

(٩٧) جا ئەو کەسەی کەالله رێنمای بکات هەر ئەوەیە رێگای راستی گرتوە چونکە خۆی رێنمایی ویستوە ، وە هەر کەسێکیش کەخوا گومڕاهی بکات جگە لەو زاتە کەسیکی ترنییە دۆست ویارمەتی دەری بێتو رێگای راستی پیشان بدات ولە رۆژی راست بوونەوەیشدا هەمو گومڕاهان بەسەر

دم وچاویاندا لەحاڵێکداکە کەڕن‌و هیچ نابیستن‌و کوێرن‌و کەس نابینن‌و لاڵن‌و تواناى قسە کردنیان نییە کۆ دەکەینەوە کە شوێنی ئەوان دۆزەخەو هەر کاتێك ئاگرەکەی کز و هێواش ببێت ئێمە ئاگریان لێ هژدەدەین وبلێسەدارتری دەکەین،

٩٨ ئەوە پاداشتی ئەوانە چونکە ئەوان بێ باوەڕبوون لەدنیادا بەئایەتەکانی ئێمەو دەیان وت: ئایاکاتێك کە ئێمە مردین‌و بووین بە ئێسقان‌و رزین ئایا تازە زیندو دەبینەوەو دەبین بەدروستکراوێکی تازە؟ جا ئەگەر خاوەن عەقڵ‌و فامن پێش ئەوەی کە بگەن بەو سزاگەورەو پڕمەترسییە هەر ئیستا تەماشای ئەم بونەوەرەبکەن‌و بیر بکەنەوەو روو بکەنە پەروەردگاری خۆتان‌و تەوبەیەکی چاك بکەن، ﷲ میهرەبان‌و لێبوردەیە.

٩٩ ئایا نابینن ونازانن ئەو ﷲیەی کە ئاسمان وزەوی بەو گەورەی‌و عەزەمەتەوە دروست کردوە دەسەڵاتی هەیە لەسەر ئەوەی کە دووبارە لە پاش مردنیان وەك وێنەی خۆیان دروستیان بکاتەوە، وە ﷲ ماوەیەکی دیاری کراوی داناوە بۆ زیندوو کردنەوەیان کە هیچ گومانێکی تێدانیە ، جا ستەمکاران خۆیان دەپارێزن وماوە بەخۆیان نادەن مەگەر بۆ بێ باوەڕ بوون واتە، موشریك‌و بت پەرستان هەر بێ‌باوەڕی هەڵدەبژێرن بۆخۆیان.

١٠٠ ئەی محمد ﷺپێیان بڵێ: بەراستی ئەگەر ئێوە خاوەنی هەموو خەزێنەکانی رەحمەتی پەروەردگاری من بن ئێوە دەستیان پێوە دەگەرن لەترس نەداری‌و فەقیری بەراستی ئینسان رژدو بەخیلەو دەستی ناچێتە ماڵی خۆی‌و مافی مافداران نادات مەگەر خوا بە لوتفی خۆی لەو سیفەتە خراپە پاکی کردبێتەوە، ئەوانەش زۆر کەمن. جا ئەی محمد ﷺ وانەزانی کە تۆ یەکەم نێرراوی خوایت کە بەو هەمو بەڵگە رۆشنانەوە بەدرۆت دەخەنەوەو باوەڕت پێ ناکەن،

١٠١ بەراستی ئێمە دامان بە موسا نۆ نیشانەی رۆشن بۆ ئەوەی فیرعەون‌و پەیرەوانی باوەڕی پێ بکەن‌و دژایەتی نەکەن وەك عەساکەی‌و دەستی‌و ساڵە گرانی‌و کەم بونەوەی بەروبوومەو تۆفان وکوللەو ئەسپێ‌و بۆق‌و خوێن کە هەر کام لەوانە بەس بوو بۆ کەسێك کە بە شوێن حەقدا بگەڕایە، خۆ جوەکان بەسەرهاتی موساو فیرعەون دەزانن ،جا پرسیار بکە لەوان کاتێك کە موسا هاتە لایان خۆ فرعەونیش پێی وت: بەراستی من وا گومان دەکەم ئەی موسا تۆ سیحرت لێ کراوە.

١٠٢ موسایش وتی: بەراستی تۆ چاك دەزانیت هیچ کەسێك ئا ئەمەی رەوانە نەکردوە جگە لەپەروەردگاری ئاسمانان وزەوی کە بەرچاو رۆشنکەرەون بۆ هەرکەسێك کە بیبەوێت رێگای راست بدۆزێتەوە، ئەوسا بەراستی منیش وادەزانم ئەی فیرعەون تۆ لە ناوچوو فەوتاوی چونکە زۆر چاك دەزانی کە من نێرراوی پەروەردگارم‌و دژایەتیم دەکەیت ، واتە: ئەی ئەوانەی کە ئیستا دژایەتی من دەکن ئێوە کە موسا بەراست دەزانن خۆ کاتی خۆی موسایش ئاوای پێ وتراوەو بە ناحەق بەدرۆ خرایەوە دەی ئەمرۆ ئێوە بۆچی چوونەتە جێگای فیرعەون‌و دژایەتی من دەکەن؟!

١٠٣ جا فیرعەون ویستی موسا وجەماعەتەکەی لەم سەر زەوییەدا سووك بکات‌و ناچاریان بکات بەپەیرەوی کردنی خۆی یان دەریان بکات، جا ئێمەش لەبەر ئەوە فیرعەونمان لە ناودریادا غەرق کرد لەگەڵ هەمو ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدا بوون.

١٠٤ جا لە دوای غەرق بوونی فیرعەون گوتمان بەنەوەکانی یەعقوب ئێوە لەو زەوییەی شام‌و میسردا بۆ خۆتان دابنیشن‌وئاوەدانی بکەنەوە، جا هەر کاتێ کاتی بەڵێنی دوایی هات هەمووتان کۆ دەکەینەوەو هەموتان سزا دەدەین .

١٠٥ جابە مەبەستێکی راست ئەم قورئانەمان رەوانە کردوەو رەوانە کردنیشی بە حەق بووەو لە هەمو شەیتانێك‌و لە هەمو زیادو کەمێك پارێزراو بوەو بۆ مەبەست‌و بەرنامەیەکی راست هاتوەو تۆمان رەوانە نەکردوە مەگەر بۆ ئەوەی کە موژدە دەربیت بۆ چاکەکاران‌و ترسێنەر بیت بۆ خراپەکاران.

وَبِالْحَقِّ أَنزَلْنَاهُ وَبِالْحَقِّ نَزَلَ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا (١٠٥)
وَقُرْآنًا فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ عَلَىٰ مُكْثٍ وَنَزَّلْنَاهُ تَنزِيلًا (١٠٦)
قُلْ آمِنُوا بِهِ أَوْ لَا تُؤْمِنُوا إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مِن قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَىٰ
عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا (١٠٧) وَيَقُولُونَ سُبْحَانَ رَبِّنَا إِن كَانَ
وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا (١٠٨) وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ
خُشُوعًا ۩ (١٠٩) قُلِ ادْعُوا اللَّهَ أَوِ ادْعُوا الرَّحْمَٰنَ أَيًّا مَّا تَدْعُوا فَلَهُ
الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا وَابْتَغِ
بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا (١١٠) وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن
لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَلَمْ يَكُن لَّهُ وَلِيٌّ مِّنَ الذُّلِّ وَكَبِّرْهُ تَكْبِيرًا (١١١)

(١٨) سُورَةُ الْكَهْفِ (١١٠)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَنزَلَ عَلَىٰ عَبْدِهِ الْكِتَابَ وَلَمْ يَجْعَل لَّهُ عِوَجًا (١)
قَيِّمًا لِّيُنذِرَ بَأْسًا شَدِيدًا مِّن لَّدُنْهُ وَيُبَشِّرَ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ
يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا حَسَنًا (٢) مَّاكِثِينَ
فِيهِ أَبَدًا (٣) وَيُنذِرَ الَّذِينَ قَالُوا اتَّخَذَ اللَّهُ وَلَدًا (٤)

(١٠٦) خۆ ئەمە قورئانێکە بەش بەشمان کردوە و بەگوێرەی پێویست لە ماوەی بیست وسێ ساڵ دا ناردومانەتە خوارەوە تا تۆش بیخوێنی بەسەر خەڵکا بەهێواشیو تا ئەوانیش بتوانن وەری بگرنو لێی تێ بگەنو ئیشی پێ بکەن ، جا دامان بەزاندوە چۆن دابەزاندنێك رێكوپێكو بەش بەشو یەك بەدوای یەكو لەو ماوە درێژەدا بە بێ ئەوەی کەهەڵەو نارێکییەکی تێدا بێت.

(١٠٧) پێیان بڵێ بەم قورئانە کە سودی دنیاو دینتانە ئیمان بهێنن یان ئیمانی پێ نەهێنن پەروەردگار هیچ زیانێك ناكاتو لە راستی ئەم قورئانەیش کەم ناکاتەوە ، بێگومان ئەوانەی کە زانیاری راستەقینەیان پێدراوە لە پێش ئەم قورئانەدا ولەسەر ئەو باوەڕە ماون هەر کاتێك ئەم قورئانە بخوێنرێ بەسەریاندا دەکەون بەسەر چەناکەیانداو سوجدەی شوکر دەبەن بۆ ﷲ کەگەیشتنە بە ئەم پێغەمبەرەی ﷺکە موژدەی هاتنی بەوان درابوو.

(١٠٨) جا دەڵێن: پاك وبێ عەیبی بۆ پەروەردگارمان بێگومان کە بەڵێنی پەروەردگارمان جێ بەجێ کراوە.

(١٠٩) ئەوسا ئەکەون بەسەر چەناکەیانداو سوجدە ئەبەن ونەگرینو گەردن کەچی فەرمانەکانی ﷲ دەبن، وەئەم قورئانە زیاتر گەردن کەچییان بۆ پەیدا دەکات، ئا ئەمە سیفەتی ئەوکەسانەیە کە کیتابیان بۆ هاتوە لە پێشداو باوەڕیان پێ کردوەو ماون تا ئەم پێغەمبەرەیان ﷺدیوەو باوەڕیان پێ هێناوە.

(١١٠) بڵێ: بانگ بکەنە ﷲ یان بانگ بکەنە رەحمان هەر کام لەو دوو ناوە بانگ بکەن فەرقی نیە ، چونکە ناوی ئەو زاتەن، وە بۆ ئەوزاتە هەیە چەندین ناوی جون تر ، واتە: خوا تەنها یەك ناوی نیە بەڵکو ناوی زۆرنو بەهەر ناوێك بانگی بکەیت چاکە، وە لە کاتی نوێژ کردنت دا دەنگ بەرز مەکەرەوە بە قورئان خوێندن تا بت پەرستەکان گوێیان لێ نەبێو قسەی ناشیرینت پێ بڵێنو زۆریش دەنگت هێواش مەکەرەوە با موسڵمانانی دەوروبەرت بیبیسن ، وە لە نێوان دەنگ هەڵبڕینێکی توندو هێواشییەکی زۆر رێگای ناوەندی هەڵبژێرە نەزۆر توندو نە زۆر هێواش. عەبدوڵای کوڕی عەباس لەبارەی هۆی دابەزینی ئەم ئایەتەوە دەڵێ: { نَزَلَتْ وَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ مُخْتَفٍ بِمَكَّةَ كَانَ إِذَا صَلَّى بِأَصْحَابِهِ رَفَعَ صَوْتَهُ بِالْقُرْآنِ فَإِذَا سَمِعَهُ الْمُشْرِكُونَ سَبُّوا الْقُرْآنَ وَمَنْ أَنْزَلَهُ وَمَنْ جَاءَ بِهِ فَقَالَ اللَّهُ تَعَالَى لِنَبِيِّهِ ﷺ وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ أَيْ بِقِرَاءَتِكَ فَيَسْمَعَ الْمُشْرِكُونَ فَيَسُبُّوا الْقُرْآنَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا عَنْ أَصْحَابِكَ فَلَا تُسْمِعُهُمْ وَابْتَغِ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا./متفق عليه/ واتە: ئەو کاتەی کە پێغەمبەری خوا ﷺخۆی دەشاردەوە لەبت پەرستەکان وهێشتا بانگەوازەکەی ئاشکرا نەبو کاتێ کە نوێژی دەخوێند بۆ هاوەڵانی بە دەنگی بەرزەوە قورئانی دەخوێند، جا کاتێك کە بت پەرستەکانی قورەیش دەیان بیست جنێویان دەدا بەوەی کەرەوانەی کردوەو بەقورئانو بەو کەسەش کە هێناوێتی، جا ﷲ فەرموی بە پیغەمبەرەکەی ﷺ دنگت بەقورئان خوێندنەوەکەی ناونوێژت ئەوەندە بەرز مەکەرەوە کە بت پەرستان بیبیسنو جنێو بەقورئان بدەنو ئەوەندەش هێواشی مەکە کەیارەکانت نەیبیسن بەڵکو لەونێوانەدا بیخوێنە}.

(١١١) ئەوسا بڵێ: سوپاس بۆ ئەو ﷲیەی کە منداڵی بۆ خۆی دانەناوەو نیازی پێی نیە ولەم بوونەوەرەگەورەو لەو هەمو

مولکەدا شەریكو هاوبەشێکی نیەو رازی بە هاوبەشیش نیە ، وە هیچ یارمەتی دەرو دۆستێکی نییە کە لەناچاریدا نیازی پێی هەبێ ، ئەگینا باوەڕدارانی بە میهرەبانیو چاکەی خۆی بە دۆستی خۆی دادەنێت، وە خوای خۆت بە گەورە رابگرە گەورەییەکی وا کە هەمو بەرزیو رێزو وەسفی جوانی تێدابێتو بە شێوەیەك رەفتار بکە کە گەورەیو دەسەڵاتی خودای تێدا دەرکەوێت.

١٨ سورەتی کەهف ١١٠

سورەتی کەهف کە سورەتی هەژدەهەمی قورئانە سەدو دە ئایەتەو لە مەکەدا هاتوتە خوارەوە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی شەستو حەوتەمەو پاش سورەتی (الغاشية) وپێش (الشورى) دابەزیوە. لەبارەی گەورەیی ئەم سورەتەدا چەندین فەرمودە هاتوە، ئەبو سەعیدی خودری دەڵێت: پێغەمبەر ﷺدەفەرموێ:{ مَنْ قَرَأَ سُورَةَ الْكَهْفِ فِي يَومِ الجُمُعَةِ أَضاءَ له مِنَ النُّورِ مَا بَيْنَ الْجُمُعَتَينِ./ البيهقي، صححه الالباني/ واتە: هەر کەسێك لەرۆژی جومعەدا سورەتی (کەهف) بخوێنێت ئەوە نورو بەرچاو رۆشنیەکی بۆ هەیە لە نیوان ئەو دوو جومعەدا}.

وەهەروەها پێغەمبەرﷺدەفەرموێ: {مَنْ حَفِظَ عَشْرَ آيَاتٍ مِنْ أَوَّلِ سُورَةِ الْكَهْف عُصِمَ مِنْ الدَّجَّال/مسلم وغيره/ واتە: هەرکەسێك دە ئایەت لە سەرەتای سورەتی (کەهف)دا لەبەر بکات لە کێشەو بەڵای "دەجال" ئەپارێزرێت}. وتراوە لەبەر ئەوەیە چونکە ئەو ئایەتانە باس لە شتانی عەجیبو سەرسوڕهێنەری وەك یارانی ئەشکەوت دەکەن، جا هەر کەس لەوانە ورد ببێتەوە هێزو دەسەڵاتی (ﷲ)ی زۆرتر بۆ دەردەکەوێتو ئیشو کردەوەکانی دەجالی لاعەجیبو غەریب نیە. نەواسی کوری سەمعان دەڵێت: جارێك کە باسی دەجالمان دەکرد پێغەمبەرﷺفەرموی: {غَيْرُ الدَّجَّالِ أَخْوَفُنِي عَلَيْكُمْ إِنْ يَخْرُجْ وَأَنَا فِيكُمْ فَأَنَا حَجِيجُهُ دُونَكُمْ وَإِنْ يَخْرُجْ وَلَسْتُ فِيكُمْ فَامْرُؤٌ حَجِيجُ نَفْسِهِ وَاللَّهُ خَلِيفَتِي عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ إِنَّهُ شَابٌّ قَطَطٌ عَيْنُهُ طَافِئَةٌ كَأَنِّي أُشَبِّهُهُ بِعَبْدِ الْعُزَّى بْنِ قَطَنٍ فَمَنْ أَدْرَكَهُ مِنْكُمْ فَلْيَقْرَأْ عَلَيْهِ فَوَاتِحَ سُورَةِ الْكَهْفِ إِنَّهُ خَارِجٌ خَلَّةً بَيْنَ الشَّأْمِ وَالْعِرَاقِ فَعَاثَ يَمِينًا وَعَاثَ شِمَالًا يَا عِبَادَ اللَّهِ فَاثْبُتُوا قُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا لَبْثُهُ فِي الْأَرْضِ قَالَ أَرْبَعُونَ يَوْمًا يَوْمٌ كَسَنَةٍ وَيَوْمٌ كَشَهْرٍ وَيَوْمٌ كَجُمُعَةٍ وَسَائِرُ أَيَّامِهِ كَأَيَّامِكُمْ قُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ فَذَلِكَ الْيَوْمُ الَّذِي كَسَنَةٍ أَتَكْفِينَا فِيهِ صَلَاةُ يَوْمٍ قَالَ لَا اقْدُرُوا له قَدْرَهُ قُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا إِسْرَاعُهُ فِي الْأَرْضِ قَالَ كَالْغَيْثِ اسْتَدْبَرَتْهُ الرِّيحُ فَيَأْتِي عَلَى الْقَوْمِ فَيَدْعُوهُمْ فَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَجِيبُونَ له فَيَأْمُرُ السَّمَاءَ فَتُمْطِرُ وَالْأَرْضَ فَتُنْبِتُ فَتَرُوحُ عَلَيْهِمْ سَارِحَتُهُمْ أَطْوَلَ مَا كَانَتْ ذُرًا وَأَسْبَغَهُ ضُرُوعًا وَأَمَدَّهُ خَوَاصِرَ ثُمَّ يَأْتِي الْقَوْمَ فَيَدْعُوهُمْ فَيَرُدُّونَ عَلَيْهِ قَوْلَهُ فَيَنْصَرِفُ عَنْهُمْ فَيُصْبِحُونَ مُمْحِلِينَ لَيْسَ بِأَيْدِيهِمْ شَيْءٌ مِنْ أَمْوَالِهِمْ وَيَمُرُّ بِالْخَرِبَةِ فَيَقُولُ لَهَا أَخْرِجِي كُنُوزَكِ فَتَتْبَعُهُ كُنُوزُهَا كَيَعَاسِيبِ النَّحْلِ ثُمَّ يَدْعُو رَجُلًا مُمْتَلِئًا شَبَابًا فَيَضْرِبُهُ بِالسَّيْفِ فَيَقْطَعُهُ جَزْلَتَيْنِ رَمْيَةَ الْغَرَضِ ثُمَّ يَدْعُوهُ فَيُقْبِلُ وَيَتَهَلَّلُ وَجْهُهُ يَضْحَكُ فَبَيْنَمَا هُوَ كَذَلِكَ إِذْ بَعَثَ اللَّهُ الْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ فَيَنْزِلُ عِنْدَ الْمَنَارَةِ الْبَيْضَاءِ شَرْقِيَّ دِمَشْقَ بَيْنَ مَهْرُودَتَيْنِ وَاضِعًا كَفَّيْهِ عَلَى أَجْنِحَةِ مَلَكَيْنِ إِذَا طَأْطَأَ رَأْسَهُ قَطَرَ وَإِذَا رَفَعَهُ تَحَدَّرَ مِنْهُ جُمَانٌ كَاللُّؤْلُؤِ فَلَا يَحِلُّ لِكَافِرٍ يَجِدُ رِيحَ نَفَسِهِ إِلَّا مَاتَ وَنَفَسُهُ يَنْتَهِي حَيْثُ يَنْتَهِي طَرْفُهُ فَيَطْلُبُهُ حَتَّى يُدْرِكَهُ بِبَابِ لُدٍّ فَيَقْتُلُهُ/مسلم وغيره/ واتە: من لە شتێکی تری جگە لە دەجاڵ لێتان دەترسم ئەگەر هاتو دەجاڵ دەرکەوتو منیش لە ناو ئێوەدا بوم ئەوسا من لە جیاتی ئێوەدا دەم کوتی دەکەم، وە ئەگەر هاتو منیش لە ناو ئێوە دا نەبوم، جا ئەو رۆژە هەر کەس دەبێت خۆی پارێزگاری لە خۆی بکاتو لەپاش خۆم (ﷲ) چاودێرە بەسەر هەمو موسڵمانێکدا، وە بزانن کە دەجاڵ گەنجێکی پرچ گرژەو چاوێکیشی دەرپەڕیوەو کوێرە بەلای منەوە ئەو وەکو عەبدولعوزای کوڕی قەتەنە، جا هەرکەس لە ئێوە بەو گەیشت با سەرەتای سورەتی (کەهف)ی بە سەردا بخوێنێتەوە. دەجاڵ لە شوێنێك لەنێوان شامو عێراق دا دەر دەکەوێت، جا بە راستو چەپدا خراپەو تاوان بڵاو دەکاتەوە، ئەوسا ئەی بەندەکانی (ﷲ) ئەو کاتە خۆگر بن لەسەر ئایین، وتمان: ئەی پێغەمبەرﷺلە سەر زەوی دا چەندێ دەمێنێتەوە؟ پێغەمبەرﷺفەرموی: چل رۆژ، رۆژێکی وەك ساڵێكو رۆژیکیشی وەك مانگێكو رۆژێکی تریشی وەك هەفتەیەك وایە ئەو رۆژەکانی تری هەر وەك رۆژانی ئێوە وایە . واتە:

سالێكو دوو مانگو چوارده رۆژ . وتمان: ئەی پێغەمبەرﷺ لەو رۆژەدا كە وەك سالێك وایە نوێژی رۆژێك بكەین بەسە؟ پێغەمبەرﷺفەرموی: نەخێر، كاتیان بۆ دیاری بكەنو بە پێی ئەو كاتانە نوێژەكانتان بخوێنن. وتمان: ئەی پێغەمبەرﷺلە سەر زەویدا بە چ خێراییەك دەگەڕێت؟ فەرموی: وەك بارانێك وایە كە با بە سەر زەویدا بیفڕێنێت، جا دەگات بە گەلێكو بانگیان دەكاتو ئەوانیش باوەڕی پێ دەهێننو پەیڕەوی دەكەن، ئینجا فرمان دەكات بە ئاسمان ئەوسا ئاسمانیش باران دەبارێنێتو فەرمانیش دەكات بە زەوی، زەویش گژوگیا سەوز دەكات، مەڕو ماڵاتیان كە ئێواران دێنەوە پشتو كۆپانیان بەرزترەو گوانەكانیان پڕ شیرترەو ئەوەندە لەوەڕیان خواردوە كە كەلەكەیان دەرپەڕیوەو پانو ئەستور بوە، واتە: ئەوانەی كە باوەڕی پێ دەهێنن لەو كاتە تەنگانەدا بەداوای دەجاڵ نازو نیعمەتێكی زۆریان بە سەردا دەرژێتو بانگەوازی گەلێكیش دەكات كە باوەڕی پێبهێننو بی پەرستن بەڵام ئەوان بەرپەرچی دەدەنەوە، جا ئەو گەلە هەركە رۆژیان لێ دەبێتەوە هیچیان بە دەستەوە نامێنێت ئەوسا دەجاڵ بەلای وێرانەیەكدا تێدەپەڕێتو دەڵێت: ئادەی خەزێنەكانت بكەدەرەوە بەپەلە هەمو خەزینەكانی ئەو شوێنە دوای دەجاڵ دەكەون هەر وەك چۆن مێش هەنگە نێرەكان بە شوێن شاژنە گەورەكەیاندا بە كۆگایو بەخێرای دەردەچن، پاشان بانگی گەنجێكی تازە پێگەیشتو دەكات كە بیپەرستێت بەڵام ئەویش بەرپەرچی دەداتەوە جا دەجاڵیش دەیكا بە دوولەتی جیا لەیەك وەك لێدانی نیشانە پاشان زیندوی دەكاتەوەو بۆ جارێكی تر بانگی دەكات كە باوەڕی پێبكاتو بە خوای بزانێت جا بە رویەكی گەشاوەوە روبەڕوی رادەوستێتو پێی پێدەكەنێت، ئینجا لەو كاتەدا عیسای كوڕی مریەم لە لای مەنارەی سپی رۆژهەڵاتی دیمەشقەوە، لە حاڵێكدا كە دوو بەرگی زافەرانی لەبەر دایەو دەستەكانی خستوەتە سەر باڵی فریشتەوە دادەبەزێتە خوارەوە كاتێك كەسەری خوار دەگرێت ئارەق لە سەری دەتكێت وكاتێك بەرزی دەكاتەوە وەك دانەی مرواری بە روومەتی دا دێتە خوارەوە و هەر كافرێك هەناسەی عیسا كە تا چاو بڕ دەكات دەڕوات، پێی بگات دەمرێت، ئینجا عیسا دەڕوات بە شوێنی دەجاڵ داو لە شاری "لود" كە شوێنێكی نزیك بە"بەیتولموقدەس"ە دەی كوژێت} جا تەماشا بكەن ئەو روداوەی دەجال چەند پڕ مەترسیو سامناكە خۆ ئەمڕۆ زۆربەی خەڵك پەیڕەوی كەسانێك دەكەنو لێیان دەترسن كە زۆر زۆر لە دەجاڵ لاوازترن كەوابو دەبێ بزانین كە فیتنەی دەجاڵ فیتنەیەكی گەورەیەو خۆ پاراستن لێی زۆر دژوارە، بەڵام باوەڕداران سورەتی (كەهف)یان پێدراوە كە سیلاحێكی گەورەی وایە كە دەجاڵ لە ئاستی دا زۆر لاوازە. وە ئەمەش بەڵگەیەكی ترە دژی بەرژەوەندی پەرستان چاك وردبەرەوە.

بەناوی اللَّهُ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوپاسی بێ وێنەو شایستە پێش كەش بەزاتی (اللَّهُ) كە ئەو پەڕاوەی كە هیچ نارێكیەكی تێدانیە، رەوانە كردوەتە سەر بەندەی خۆی. پێشەكی خوای زاناو كار بەجێ بە سوپاسی خۆی سورەتەكە دەست پێ ئەكات تا ئێمەش فێری دابورەوشتی جوان بكات،وە كارەكانمان هەر بەناوی خواو سوپاسی ئەو زاتەوە دەست پێ بكەین،

(٢) بەڵكو زۆر بتەو بەرێزەو زۆر راست ورێك وپێكو بەنرخە تا بێ باوەڕان بترسێنێ لە سزایەكی زۆر توند لەلایەن (اللَّهُ)وەو موژدە بدات بەو باوەڕدارانەی كە ئیشی چاك ئەكەن كە بەراستی بۆ ئەوان پاداشتێكی جوانو گەورە هەیە كە بریتیە لەو بەهەشتە پڕ نازو نیعمەتەی كە،

(٣) بۆ هەمیشە لە ناویدا ئەمێننەوە.

(٤) جا تا بترسێنێت ئەوكەسانەی كەئەڵێن (اللَّهُ) منداڵی هەیە.

(٥) نە خۆیانو نە باوباپیرانیان هیچ زانیاریەكیان لەم بارەوە نیەو نەبوە تەنها بە گۆترەولەخۆیانەوە لە وەسفی ئەو زاتە گەورەدا قسە دەكەن، وە ئەو قسەیەش وشەیەكی گەورەیە كەلە دەمیان دەردەچێت كە ماڵی پاشە رۆژی خۆیانی پێ كاول ئەكەن، چونكە ئەمانە جگە لە درۆ شتێكی تر ناڵێن. ئینجا پەروەردگار دڵنەوایی

مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ وَلَا لِآبَآئِهِمْ كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ
أَفْوَٰهِهِمْ إِن يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبًا (٥) فَلَعَلَّكَ بَٰخِعٌ نَّفْسَكَ
عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ أَسَفًا (٦) إِنَّا
جَعَلْنَا مَا عَلَى ٱلْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا
(٧) وَإِنَّا لَجَٰعِلُونَ مَا عَلَيْهَا صَعِيدًا جُرُزًا (٨) أَمْ حَسِبْتَ
أَنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْكَهْفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُوا۟ مِنْ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا (٩)
إِذْ أَوَى ٱلْفِتْيَةُ إِلَى ٱلْكَهْفِ فَقَالُوا۟ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً
وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا (١٠) فَضَرَبْنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمْ فِى
ٱلْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا (١١) ثُمَّ بَعَثْنَٰهُمْ لِنَعْلَمَ أَىُّ ٱلْحِزْبَيْنِ
أَحْصَىٰ لِمَا لَبِثُوٓا۟ أَمَدًا (١٢) نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِٱلْحَقِّ
إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُوا۟ بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَٰهُمْ هُدًى (١٣) وَرَبَطْنَا
عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا۟ فَقَالُوا۟ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ
لَن نَّدْعُوَا۟ مِن دُونِهِۦٓ إِلَٰهًا لَّقَدْ قُلْنَآ إِذًا شَطَطًا (١٤) هَٰٓؤُلَآءِ
قَوْمُنَا ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً لَّوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِم
بِسُلْطَٰنٍۭ بَيِّنٍ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا (١٥)

پێغەمبەرمانﷺئەکات لەسەر ئەو بێ باوەڕیی‌و ئەوقسە پوچانەی گەلەکەی‌و ئەفەرموێ:

(٦) خەریکە لە داخ‌و خەفەت دا گیانی خۆت دەربهێنی‌و خۆت لەناوبەری لەسەر ئەوەی کە ئەوان بەم قورئانە باوەڕ ناهێنن، واتە: ئاوا خۆت نارەحەت مەکە تۆ بانگە وازی خۆت راگەیەنەو بەس. ئێمە دەتوانین هەمویان بکەین بە باوەڕدار بەڵام ئێمە لەدنیادا مرۆڤ‌و جنۆکەمان بۆ تاقی کردنەوە دروستکردوە هەر بۆیە سەرپشکمان کردون لە هەڵبژاردنی ئاییندا تا لە قیامەتدا هیچ بەهانەیەکیان نەبێت.

(٧) بێگومان ئێمە ئەوەی لەسەر زەویدایە تەنها بۆرازاندنەوەو جوان کردنی زەوی دامان ناون تا تاقیان بکەینەوە کە کامیان ئیشی چاکتر ئەکەن، واتە: کامیان ئیشەکانیان خاوێنترو گونجاوترە لە گەڵ ئاییندا. پێغەمبەرﷺدەفەرموی: { إِنَّ الدُّنْيَا خَضِرَةٌ حُلْوَةٌ فَاتَّقُوها وَاتَّقُوا النِّسَاءَ / ابن خزيمة، صححه الالباني/ بەراستی دنیا دیمەن سەوزو تام شیرینە، جا خۆتانی لێ بپارێزن‌و وریابن فریوتان نەدات، وە لە فێڵ‌و تەڵەکەی ژنانیش خۆتان بپارێزن} بەڵێ ژیان لەم دنیادا تام شیرن‌و بە رواڵەت جوانە بەڵام زۆر نابات کۆتایی دێت وەك دەفەرموێ.

(٨) جا ئێمە دووبارە ئەوەی کە لەسەر زەویدایە لای ئەبەین‌و ئەیکەین بە زەوییەکی وشکی بێ گیاو رەش‌و روت، ئەوسا مرۆڤ وجنۆکە دێنەوە بەر دەستمان‌و ئێمەش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکەین‌و ئەنجامی ئەو تاقی کردنەوەی سەر زەویەیان بۆ دەردەخەین، جا یان بەهەشت یان دۆزەخ جێگەیان دەبێ، ئینجا خوای زاناو بەدەسەڵات باسی یارانی ئەشکەوت دەکات‌و دەفەرموێ:

(٩) ئەی محمدﷺتۆ وا ئەزانی کە بەسەرهاتی یارانی ئەشکەوت‌و رەقیم کە لە نیشانەکانی زانایی ودەسەڵاتی ئێمەن سەرسوڕهێنەرو عەجیبە، ئێمە شتی زۆر گرنگ‌و گەورەترو عەجیب ترمان هەیە وەك دروست کردنی ئاسمان وزەوی‌و مانگ‌و ئەستێرەکان‌وو ڕاگیرکردنی هەمویان لە بۆشاییداو جموجوڵیان بەگوێرەی بەرنامەی دیاری کراو بۆیان هەتا کاتی دیاری کراو، جا مەبەست ئەوە نییە کە بە سەرهاتی یارانی ئەشکەوت شتێکی گەورەو عەجیب نیە بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە تێمان گەیەنێت کە نیشانەکانی دەسەڵات‌و هێزی پەروەدگار هەر ئەمە نیە بەڵکو زۆرن. لەسەر وشەی {الرَّقِيم} قسە زۆر کراوەو هەندێك هەر بەو نوسینەی ئەزانن کە لەسەر ئەشکەوتەکەدا نوسراوە هەندێك ئەڵێن: مەبەست ئەو سێ کەسەیە کە پێغەمبەرمان باسی کردون کە کاتێ لەناو ئەشکەوتێك دا بون بەهۆی تەپینی دەروازەی ئەشکەتەکەوە بەردێکی گەورە کەوتە دەمی ئەشکەوتەکەو رێگای هاتنە دەرەوەیان لێگیرا پاشان هەر یەکەیان پاکترین وراسترین کردەوەی خۆی هەڵبژاردو داوای لە (ﷲ) کرد بە هۆی ئەو کردارەیەوە دەرگایان لێ بکاتەوە،جا کە وایان کرد بۆ هەر یەکەیان کەمێ لە دەرگاکە دەکرایەوەو لە سێهەمدا وای لێ هات کە بێنە دەرەوە، هەندێك ئەڵێن: ناوی ئەو شیوەیە کە بەرەو ئەشکەوتەکە ئەڕوات وە چەند قسەی تر، ئینجا پەروەردگار لەبارەی داستانی یارانی ئەشکەوتەوە دەفەرموێ:

جا کاتێك ئەو کۆمەڵە گەنجە بەرەو لای ئەشکەوتەکە رۆیشتن‌و وتیان: ئەی پەروەرگارمان لەلایەن خۆتەوە

وَإِذِ ٱعۡتَزَلۡتُمُوهُمۡ وَمَا يَعۡبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ فَأۡوُۥٓاْ إِلَى ٱلۡكَهۡفِ
يَنشُرۡ لَكُمۡ رَبُّكُم مِّن رَّحۡمَتِهِۦ وَيُهَيِّئۡ لَكُم مِّنۡ أَمۡرِكُم مِّرۡفَقٗا
﴿١٦﴾ ۞ وَتَرَى ٱلشَّمۡسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَٰوَرُ عَن كَهۡفِهِمۡ ذَاتَ
ٱلۡيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقۡرِضُهُمۡ ذَاتَ ٱلشِّمَالِ وَهُمۡ فِي فَجۡوَةٖ
مِّنۡهُۚ ذَٰلِكَ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِۗ مَن يَهۡدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلۡمُهۡتَدِۖ وَمَن
يُضۡلِلۡ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ وَلِيّٗا مُّرۡشِدٗا ﴿١٧﴾ وَتَحۡسَبُهُمۡ أَيۡقَاظٗا
وَهُمۡ رُقُودٞۚ وَنُقَلِّبُهُمۡ ذَاتَ ٱلۡيَمِينِ وَذَاتَ ٱلشِّمَالِۖ وَكَلۡبُهُم
بَٰسِطٞ ذِرَاعَيۡهِ بِٱلۡوَصِيدِۚ لَوِ ٱطَّلَعۡتَ عَلَيۡهِمۡ لَوَلَّيۡتَ مِنۡهُمۡ
فِرَارٗا وَلَمُلِئۡتَ مِنۡهُمۡ رُعۡبٗا ﴿١٨﴾ وَكَذَٰلِكَ بَعَثۡنَٰهُمۡ
لِيَتَسَآءَلُواْ بَيۡنَهُمۡۚ قَالَ قَآئِلٞ مِّنۡهُمۡ كَمۡ لَبِثۡتُمۡۖ قَالُواْ لَبِثۡنَا
يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ يَوۡمٖۚ قَالُواْ رَبُّكُمۡ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثۡتُمۡ فَٱبۡعَثُوٓاْ
أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمۡ هَٰذِهِۦٓ إِلَى ٱلۡمَدِينَةِ فَلۡيَنظُرۡ أَيُّهَآ أَزۡكَىٰ
طَعَامٗا فَلۡيَأۡتِكُم بِرِزۡقٖ مِّنۡهُ وَلۡيَتَلَطَّفۡ وَلَا يُشۡعِرَنَّ
بِكُمۡ أَحَدًا ﴿١٩﴾ إِنَّهُمۡ إِن يَظۡهَرُواْ عَلَيۡكُمۡ يَرۡجُمُوكُمۡ
أَوۡ يُعِيدُوكُمۡ فِي مِلَّتِهِمۡ وَلَن تُفۡلِحُوٓاْ إِذًا أَبَدٗا ﴿٢٠﴾

ڕەحمەتو سۆزی خۆتمان بۆ بنێرەو ئەوەی کە خەیری ئێمەی تێدایە بۆمان بکە، ئەمانە کۆمەڵە گەنجێك بوون کە وازیان لە ڕێبازی هەڵەی باوباپیرانیان هێناو گەلەکەی خۆیانیان بەجێ هێشتوەو ئیستا پەنایان هاوردوەتە ناو ئەو ئەشکەوتەو بەم شێوەیە لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە، جا پەروەردگاری بەسۆز وەڵامی دانەوەو فەرموی :

﴿١١﴾ ئێمە ئەوانمان بۆ چەند ساڵێکی ژمێرراو لەو ئەشکەوتەدا خەواندو پەردەمان دا بەسەر گوێیاندا کەهیچ نەبیسن.

﴿١٢﴾ لەپاشان لەو خەوە زیندومان کردنەوە بۆ ئەوەی بەچاو ببینرێتو ئەو زانیاریەی ئێمە بۆ هەموان ئاشکرا ببێت کە کام لەو دوو حیزبە ماوەی مانەوەکەیان ئەزانێ تاهێزو گەورەیی ئێمەیان بۆ دەرکەوێت، ئەو دوو حیزبە مەبەست یارانی ئەشکەوت وخەڵکی شارەکەن کە مێژوی بەسەرهاتی ئەوانیان ئەزانی.جا خوا بەپێغەمبەرمان ئەفەرموێ:

﴿١٣﴾ وا ئێمە داستانی ئەوان بەشێوەیەکی ڕاست بۆ تۆ باس دەکەین ئەویش بەم شێوەیە: کە بێشك ئەوانە کۆمەڵە گەنجێك بوون کە باوەڕیان هێنا بوو بە پەوەردگاری خۆیان، وەئێمەش زیاتر ڕێنماییو ڕێ ڕۆشنیمان بۆکردن.

﴿١٤﴾ جا ئێمە دڵی ئەوانمان بەهێز کردو ترسمان لەناو دڵیان دا لابرد ئەو کاتەی کە هەڵسان بە ئەرکی سەرشانی خۆیانو لێبڕاوانە بڕیاری خوا پەرستیان داو بەڕاشکاوی وتیان: بەراستی پەروەردگاری ئێمە ئەو زاتەیە کە ئاسمانان وزەوی دروست کردوەو ئێمە جگە لە ئەو هەرگیز بەندایەتی بۆ هیچ خوایەکی تر ناکەین ئەگەر ئێمە بەندایەتی بکەین بۆ جگە لە ئەو بەراستی ئەوە قسەیەکی درۆو زۆر ناڕێکمان کردوە، جا بەم شێوەیە دان بەیەکتایی (ﷲ) دا دەنێین هەم لە پەروەرندەییداو هەم لە الاهو فەرمانڕەوایەتیدا، وە هەر ڕێگایەکی تر جگە لە یەکتاپەرستی بەناحەقو بێ بنەما دەزانن جا بۆیە وتیان:

﴿١٥﴾ هائەم گەلەی ئێمە جگە لە خوا چەندین شتی تریان کردوە بەخوای خۆیان جا ئەگەر ڕاست دەکەن با ئەوان بەڵگەیەکی ئاشکراو ڕوون بهێنن لەسەر ئەو شتانەی کە ئەوان کردوویانن بە خوای خۆیان، خۆ هیچ بەڵگەیەکیشیان نییە بەڵکو درۆ ئەکەن، جا کێ هەیە ستەمکارتر لەو کەسەی کە بە درۆ هاوەڵ بۆخوا دابنێت؟ جا ئەڵێن پاشای سەردەمیان هەڕەشەی لێ کردن بەڵام لەبەر ئەوەی گەنج بوون نەیکوشتن وماوەی پێدان کەپەشیمان ببنەوە، ئەوسا ئەوانیش لەدەوری یەك کۆبوونەوەو دەستیان کرد بە لێکوڵینەوە لەو بارودۆخەی خۆیانو هاتنە سەر ئەوەی کە پەشیمان بونەوە لە ئارادا نییە، جا لەوە ئەچێ لە پێشدا بەو ئەشکەوتەیان زانی بێت، لەبەر ئەوە برای گەورەو دەم ڕاستیان پێ وتن:

﴿١٦﴾ جا کاتێك کە ئێوە بە بیرو باوەڕ لەئەوانو لەو شتانەیش کە جگە لە ﷲ دەیپەرەستن جیابونەتەوە دەی با بەلەشیش خۆتان جیابکەنەوە لە وانو بچن بۆ ئەشکەوتەکە، جا لە چۆنیەتی ژیان وخۆراكو ئەو شتانە مەترسن ئەگەر ئێوە ئاوا بۆ (ﷲ)لێبڕانو خۆتان بۆی یەك لاکردەوە پەوەردگارتان ڕەحمەتی خۆی بۆ ئێوە فرەوان دەکاتو ئیشتان بۆ ئاسان دەکاتو نائومێدتان ناکات. بەڵێ بێگومان کاتێك کە باوەڕدار بۆ (ﷲ) لێبڕێتوتەنها پشت

بەوە ببەستێت (اللە)یش نائومێدی ناکاتو دەرگای خێرو
خۆشی لێ دەکاتەوە هەر وەك لەم کۆمەڵە گەنجەی کردەوە،
جا ئەو کۆمەڵە گەنجە چونە ئەشکەوتەکەو خەویان
لێکەوت، وا ئێستا جێگاو چۆنیەتی خەوتنەکەیانمان بۆ
باس ئەکات وئەفەرموێ:

(١٧) خۆ ئەگەر چاوت بەوان بکەوتایە دەتبینی کە
ئەشکەوتەکە کاتێك کە رۆژ هەڵدەهات بەلای راستی
ئەشکەوتەکەدا تێ دەپەڕی بێ ئەوەی لێیان بداتو
زیانییان پێ بگەیەنێ وە هەر کاتێکیش کە ئاوا دەبو لەلای
چەپیەوە کەمێك بە تیشکە خاوو فێنکەکەی ئەی گەستن
تا جەستەو جێگاکەیان لەو تیشکەی ئەو کاتەی رۆژ کەڵك
وەرگرن، کەواتە دەرگای ئەشکەوتەکە روی لە باکوری
رۆژئاوا کردوە ئەمە لەحاڵێکدا یە کە ئەوان لەبۆشایەکی
ئەم ئەشکەوتەدا بوونو باران نەیدەگرتنەوە کە ئەوە
بەشێکە لە نیشانەو ئایەتەکانی(اللە)، هەرکەسێك کە اللە
بەرەحمی خۆی رێنمای کات بێگومان هەر ئەوە
بەختەوەرو رێنمایی کراوە، وە ئەوکەسەش کە اللە بە
دادپەروەری خۆی گومڕاهی بکات هیچ دۆستو رێنمایی
کارێکت بۆی دەست ناکەوێت. بێگومان گەیاندن بەرێگای
راستو رەزامەندی پەروەردگار هەر بەدەست (اللە)یە، جا
بۆیە هەر لەو زاتە داوای هیدایەتو رێنمای دەکرێت.
پەروەردگار لەم ئایەتەدا ناوی وڵاتەکەیمان بۆ دیاری ناکات
هەروەك چۆن لە دوایی دا ژمارەی ئەو گەنجانەمان بە
راشکاوی بۆ باس ناکات تا تێمان بگەیەنێت زانینی شتانی
ئاوەها سودو بەرژەوەندیەکی ئایینی تێدا نییە، ئەگەر
تێیدابوایە بێشك کە باسی دەکرد بەڵام وەسفی
ئەشکەوتەکەمان بە شتانێك بۆ باس دەکات کە ورد بونەوە
لێیان کەڵکی زۆری تێدایە وەك ئەوە کە هەڵت دەنێت کە
لە بارەی گەردوون ناسییەوە زانیاریت هەبێت یان ئەوەی
کە بزانی زیانو خراپی راستەوخۆو بەردەوامی تیشکی رۆژ
لە سەرلەشی مرۆڤ چیەو چ سودێکی هەیە بۆی ئەگەر بە
ماوەیەکی کەم لە رۆژدا تیشکی رۆژ بەری بکەوێت
بەتایبەت لەئێوارانداا. بەڵێ پەروەردگار هەموشتی بۆ
پاراستنی ئەوکۆمەڵە گەنجانە لەو ئەشکەوتەدا رەخساندبو.

(١٨) جا ئەوان بەشێوەیەك خەویان لێ کەوتبو ئەگەر
تەماشای ئەوانت بکردایە وا گومانت ئەبرد کەئەوان
بەخەبەرن لە حاڵێکدا کەئەوان خەوتبونو ئاگایان لەم
ژیانە نەبو، وە ئێمە بۆ پاراستنی لەشو پۆشاکیان، لەشی
ئەوان بەلای راست وچەپدا ئەم دیوو ئەو دیوو دەکەین، وە
سەگەکەیشیان هەردوو قۆڵی راکێشابو لە لای دەرگای
ئەشکەوتەداو بەهەست وبەلەش خەوتبو بەڵام بەچاو لە
خەوتوی نەدەکرد، جا ئەگەر تۆ رێت بکەتایە لایانو
ئەوانت بەو شێوەیە ببینایە هەر زۆر زوو پشتت تێ
دەکردنو بەخێرای هەڵدەهاتیتودڵت پڕ ئەبو لە ترسی
ئەوانو زاتت نەدەکرد کە لێیا نزیك ببیتەوە، واتە:
ئەوانەی کە دوێنێ لە ترسی ستەمی خەڵك رایان دەکرد
پەروەردگار وای لێکردن کە ئەمڕۆ خەڵك لەوان بترسێو
رابکات، بەڵێ ئەو سەگەش لەبەرێزترین پەڕاودا ناوی
مایەوە چونکە هاوڕێو نیگابانی پیاوچاکان بوو.

(١٩) جا چۆن خەواندنمانو گوێیان لەهیچ نەما هەر ئاوا
لە پاش سێسەدو نۆ ساڵ زیندومان کردنەوە تا پرسیار لە
یەکتری بکەنو بزانن چەندێکە لەو ئەشکەوتەدان،
وێژەرێکیان وتی: چەندێك لێرە ماونەتەوە؟ گوتیان:
رۆژێك یان تاقێك لێرەداین، هەندێکی تریان وتیان: نەخێر
وانیە تەنها پەروەردگارتان ئەزانێت چەندێکە لێرەدان. وا
دیارە شتانێکی دەوروبەریان وای لێکردون کە بکەونە
گومانەوە لەو خەوەی خۆیان، جا ئەڵێ کاتێ هەستان
هەستی برسێتیان کردو هاتنە سەر ئەوە کە یەکێکیان
بەدزییەوە بنێرنە شارەوە بۆ ئەوەی خواردنیان بۆ ببات
لەبەرئەوە وتیان: دەی بەم پارەیە یەکێکتان بنێرن بۆ شار،
جا با ئەویش تەماشا بکاتو بزانێ لەو شارەدا کێ
خۆراکێکی چاکو پاکی هەیە با بەشی پێبژێوییەك لەو
خۆراکە بهێنێ بۆتانو با زۆر ووردبین ولێزان بێت
وبەشێوەیەك رەفتار بکات کە هیچ کەسێك هەستتان پێ
نەکات وپێتان نەزانن. بەڵێ باوەڕداری راستەقینە هەمیشە
ئاگای لە خۆیەتیو پەروەردگاری لەبەرچاوەو هەوڵی ئەوە
دەدات کە ئەو زاتە لە خۆی تورە نەکات ئەوەتە ئەو
گەنجانە داوا لەو کەسەی کە دەینێرن بۆ بازاڕ دەکەن

وَكَذَٰلِكَ أَعْثَرْنَا عَلَيْهِمْ لِيَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَأَنَّ
ٱلسَّاعَةَ لَا رَيْبَ فِيهَآ إِذْ يَتَنَٰزَعُونَ بَيْنَهُمْ أَمْرَهُمْ ۖ فَقَالُوا۟
ٱبْنُوا۟ عَلَيْهِم بُنْيَٰنًا ۖ رَّبُّهُمْ أَعْلَمُ بِهِمْ ۚ قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُوا۟ عَلَىٰٓ
أَمْرِهِمْ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا ﴿٢١﴾ سَيَقُولُونَ ثَلَٰثَةٌ
رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ رَجْمًۢا
بِٱلْغَيْبِ ۖ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ ۚ قُل رَّبِّىٓ أَعْلَمُ
بِعِدَّتِهِم مَّا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا قَلِيلٌ ۗ فَلَا تُمَارِ فِيهِمْ إِلَّا مِرَآءً ظَٰهِرًا
وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا ﴿٢٢﴾ وَلَا تَقُولَنَّ لِشَا۟ىْءٍ
إِنِّى فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا ﴿٢٣﴾ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَٱذْكُر رَّبَّكَ
إِذَا نَسِيتَ وَقُلْ عَسَىٰٓ أَن يَهْدِيَنِ رَبِّى لِأَقْرَبَ مِنْ هَٰذَا رَشَدًا
﴿٢٤﴾ وَلَبِثُوا۟ فِى كَهْفِهِمْ ثَلَٰثَ مِا۟ئَةٍ سِنِينَ وَٱزْدَادُوا۟ تِسْعًا
﴿٢٥﴾ قُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُوا۟ ۖ لَهُۥ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ
أَبْصِرْ بِهِۦ وَأَسْمِعْ ۚ مَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا يُشْرِكُ
فِى حُكْمِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ وَٱتْلُ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِن كِتَابِ
رَبِّكَ ۖ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَن تَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا ﴿٢٧﴾

كەشتى پاكوحەلاڵیان بۆ بكرێت، هەروەكو پێغەمبەرمانﷺدەفەرموێ:{ إِنَّهُ لَا يَرْبُو لَحْمٌ نَبَتَ مِنْ سُحْتٍ إِلَّا كَانَتْ النَّارُ أَوْلَى بِهِ. /الترمذي، صححه الالباني/ گومان لەوەدا نیە كەگۆشتی هەر لەشێك كە بە حەرام پەروەردە بوبێت ئەو لەشە هەر ئاگر شایستەیەتی} بەڵێ ئەوان بێئاگان لەوەی كە خەڵك لەوان دەترساو لەوان ڕای دەكرد وئەو زەمانەی كەئەوان تێیدا دەترسان دەمێكە بەسەرچوەو بۆیە بە یەكتریان دەوت،

﴿٢٠﴾ بێگومان ئەگەر ئەوان بزانن بەجێگاكەتان بەرد بارانتان دەكەن یان ناچارتان دەكەن كە پاشگەز ببنەوەو بگەڕێنەوە بۆ سەر ئاینی ئەوان، وە ئیتر ئێوە هەرگیز نەلە دنیاداو نەلەدوا ڕۆژدا ڕزگار نابن. بەڵام ویستی پەروەردگار لەسەر ئەوە بوو كە بەسەرهاتی ئەم كۆمەڵە گەنجە بۆ خەڵك ئاشكراكات تا بەڵگەیەك بێت بۆ زۆربوونی ئیمانی باوەڕداران بە زیندو بونەوەو بیانو برێكیش بێت بۆ بێباوەڕان، جا پەروەدگار دەفەرموێ:

﴿٢١﴾ خۆ هەر وەكو خەبەرمان كردنەوە، هەروەهاش سەرپێی خەڵكمان لێ هەڵخلیسكاندن وئاشكرامان كردن جا خەڵك هاتنە لایانو چاویان كەوت پێیان تا خەڵك بزانێت بەڵێنی (ﷲ) ڕاستەو هاتنی ڕۆژی قیامەتو زیندوبونەوە هیچ گومانی تێدا نییە، جا كاتێك كە بەسەرهاتو مێژوی سەرسوڕهێنەری ئەو تاقمە گەنجە بۆ هەمو خەڵك دەركەوت، ئینجا هەر لەو شوێنەدا مردنەوە ئەوسا خەڵك لە بارەی چۆنیەتی ڕێز لێگرتنی ئەوانەوە لە نێوان خۆیاندا كەوتنە كێشەو مشتومڕەوە، جا هەندێكیان وتیان: با بینایەك لەسەر جێگەی ئەم پیاوانە بكەین و بەم شێوەیە وازایان لێبهێنین، پەروەردگاریان لە ئێوە زاناترە پێیان، بەڵام ئەوانەی كە خاوەن دەسەڵات بوونو قسەیان جێبەجێ دەكرا وتیان: بەراستی ئێمە مزگەوتێكیان لەسەر دروست دەكەین. بەڵێ لە فەرمودەیش دا هاتوە كە گاورو جوەكان ئەمە ئیشیان بو هەر كات پێغەمبەر یان پیاو چاكێك لە ناویاندا بمردایە قەبرە كەیان دەكر بە مزگەوتو جێ عیبادەت، بەڵام پێغەمبەرمان ﷺباوەڕداران لەو كردەوە نارێكە كە گاورو جولەكە دەیان كرد مەنع دەكاتو دەفەرموێ: {إِنَّ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ وَصَالِحِيهِمْ مَسَاجِدَ أَلَا فَلَا تَتَّخِذُوا الْقُبُورَ مَسَاجِدَ إِنِّي أَنْهَاكُمْ عَنْ ذَلِكَ. /مسلم/ ئەوانەی كە لە پێش ئێوەدا بوون گۆڕی پێغەمبەرانو پیاوچاكانیان دەكرد بە مزگەوتو جێی عیبادەت ئاگادار بن كە ئێوە گۆڕەكان نەكەن بە مزگەوت بێگومان كە من لەو كردارە بەرگریتان دەكەم} پێغەمبەرمانﷺلە فەرمودەیەكی تردا نەفرینی لەگاورو جولەكە كردوە لە سەر ئەو كردارەو باوەڕدارانی لێ وریا كردوەتەوەو فەرمویەتی: {لَعْنَةُ اللهِ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ يُحَذِّرُ مَا صَنَعُوا. /متفق عليه/ نەفرینی لەگاورو جولەكە كە قەبری پێغەمبەرانیان دەكرد بە مزگەوتو شوینی نوێژ كردن كردوە موسڵمانان لەوكارە دەترسێنێ} جا لێرەدا ئەمە دەردەكەوێت كە كردنی گۆڕ بە مزگەوت لە ئایینەكانی پێشویشدا كردەوەیەكی قەدەغە كراو بوە ئەگینا پێغەمبەرﷺنەفرینی نەدەكردن كەوابو دروستكردنی مزگەوت لەسەر قەبرەكان كە ڕێگایەكە بۆ باز كردنی دەرگای شیرك لە هەمو ئایینەكاندا قەدەغە كراوە بەڵام بەداخەوە خەڵك لەپاش پێغەمبەران ئەو بیدعە نارەوایانەیان دەست پێكردوە وەك دەسەڵاتدارنی

ئەم گەلەی یارانی ئەشکەوت، وە هەروەها پێغەمبەرﷺنوێژ خوێندن لە گۆڕستانو روبە گۆڕ نوێژ کردنو دانیشتن لەسەر گۆڕی قەدەغە کردوەو فەرمویەتی: {الْأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إِلَّا الْحَمَّامَ وَالْمَقْبَرَةَ./ابوداود، ابن ماجه، صححه الالباني/ هەمو شوێنی زەوی جێگای نوێژ خوێندنە جگە لە حەمامو گۆڕستان} وە لە فەرمودەیەکی تر دا هاتوە کە دەفەرموێ: {لَا تُصَلُّوا إِلَى الْقُبُورِ وَلَا تَجْلِسُوا عَلَيْهَا./مسلم وغیره/ روبە گۆڕەکان نوێژ مەکەنو لە سەریان دامەنیشن} وە لە فەرمودەیەکی تریشدا هاتوە کە:{ نَهَى النَّبِيُّ ﷺ أَنْ تُجَصَّصَ الْقُبُورُ وَأَنْ يُكْتَبَ عَلَيْهَا وَأَنْ يُبْنَى عَلَيْهَا وَأَنْ تُوطَأَ/الترمذي، صححه الالباني/ پێغەمبەرﷺقەدەغەی کردوە کە قەبرەکان گەچ کاری بکرێنو لەسەریان بنوسرێتو خانویان لەسەر بکرێتو پێیان پێدا بنرێت} بەڵێ ئیشی شەیتان ئاوا بەفێڵەو هەمو هەوڵی ئەوەیە کە بەندەکانی اللّٰه لەسەر رێی راستو میانەڕەوی لابدات، جا یان بەرەو توندڕەوی لەرادەبەدەریان ببات یان بەرەو کەمکاریو کۆتاهاتن لە ئایین رایان کێشێت، یارانی ئەشکەوت تازیندوبون دەسەڵاتدارانی سەردەم بە سەرلێشێواوگومڕایان دادەنانو هەوڵی لەناوبردنیان دەدان، جا وا ئەمڕۆش لە رێزلێ گرتنیاندا زیادەڕەوی دەکەنو گۆڕەکانیان دەکەن بە جێگای نوێژو عیبادەت کە هەردوو ئیشەکە دژایەتیو لادانە لەئایین. ئینجا پەروەردگار سەبارەت بە ژمارەی یارەکانی ئەشکەوت ئەفەرموێ:

(٢٢) دەڵێن : سێ کەس بوون وچوارەمیان سەگەکەیان، هەندێك دەڵێن: پێنج کەس بوونو شەشەمیان سەگەکەیان بووەئەمانە هەر لەخۆیانەوە دەم لە غەیب دەکوتنو بە بێ بەڵگە لە خۆوە قسە دەکەن، وە هەندێکی تریان دەڵێن: حەوت کەس بوونو هەشتەمیان سەگەکەیانە، ئەی محمدﷺبڵێ پەروەردگارم ئاگادارترە بەوەی کە ژمارەیان چەند بووە، خەڵك سەبارەت بە ئەوەی کە یارانی ئەشکەوت ژمارەیان چەند بوەو ئەو بەسەرهاتەیان لە کوێو کەیدا بوە تەنها شتێکی کەمی لێ دەزانن، وەیان لەو بارەیەوە جگە لەکەسانێکی کەم زانیاریان نیە کەوابوو لە بارەی ئەوانەوە کێشە مەکە جگە لە باسێکی رۆشن کە لەم قوروانەدا بۆت باسکراوەو تۆ لە بارەی ئەوانەوە داوای فتوا لە هیچ کەسێك مەکە چونکە هەرچی بڵێن گۆترەکارییەو دەمکوتانە لە غەیب. لەم ئایەتەدا پەروەردگار باسی سێ بۆچونی لەبارە ژمارەی یارانی ئەشکەوتەوە کرد کە لۆمەی دوو لەو بۆچونانە دەکاتو لەباری سێهەمیانەوە بێ دەنگ بووە، بۆیە هەندێ لە زانایان پێیان وایە ئەو بۆچونی سێهەمە راستە چونکە وەك دوو بۆچونی پێشو بەرپەرچ نەدراوەتەوە کەواتە پێیان وایە ژمارەی یارانی ئەشکەوت حەوت کەس بوە کە سەگە کەیشیان هەشتەمینیانە، والله اعلم. ئینجا پەروەردگار رو دەکاتە پێغەمبەر ﷺو ئامۆژگاری دەکاتو دەفەرموێت:

(٢٣) هەرگیز مەڵێ بەدڵنیاییەوە کە من بەیانی ئەو ئیشە دەکەم.

(٢٤) مەگەر ئەوەی کە بڵێت ئەگەر اللّٰه ویستی لەسەر بێت، واتە: بۆ ئەنجامدانی ئیشی ئایندە بڵێ: ئینشائەڵا. وە یادی پەوەردگاری خۆت بکە هەرکاتێك کە لە بیرت چویەوە،جا کەوابو ئەگەر وتت بەیانی فلان ئیش ئەکەمو ئینشائەڵات لەبیر نەبوو هەرکاتێ کەوتە بیرت بڵێ: ئینشائەڵا، وە بڵێ: ئومێدی ئەوە دەکەم لە پەروەدگارم کە هیدایەتم بداتو رێنمایم بکات بۆ لەمە نزیکترو یارمەتیم بداتو رێم بخات لە قسەو باسو وبڕیارێکی راست ودروست تر، واتە: کاتێك پرسیارت لێ دەکەن روبکە دەرگای پەروەدگارتو لێی بپاڕێرەوەو داوای لێبکە کە رێنمونیت بکات بۆ ئەو رێگایەی کە نزیکترینە بۆ گەیشتن بە حەقو راستی. ئینجا خوا ئەفەرموێ:

(٢٥) جا یارانی ئەشکەوت ماوەی سێ سەد ساڵ لەو ئەشکەوتەدا مانەوەو خەڵکیش نۆ ساڵیان زیادکرد، واتە: بەحیسابی خۆری کە مێژوی سەردەمی ئەوان بوو ماوەی مانەوەیان سێ سەد ساڵ دەکات، بەڵام دواتر عەرەب حیسابی مێژوییان لە خۆری(شەمسی) گۆڕا بە گوێرەی مانگی ئاسمان، واتە: حیسابی قەمەری جا سێ سەد ساڵی خۆری دەکاتەوە سێ سەدو نۆ ساڵی مانگی. وە بەسەرهاتی یارانی ئەشکەوت بەڵگەیەکە لەسەر راستی بۆچونی ئەهلی سوننەو جەماعە سەبارەت بەکەرامەتی پیاو چاکان، بەڵێ

وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ
يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلْحَيَوٰةِ
ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ
أَمْرُهُۥ فُرُطًا (٢٨) وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن
شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ۚ إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلظَّـٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا ۚ
وَإِن يَسْتَغِيثُوا۟ يُغَاثُوا۟ بِمَآءٍ كَٱلْمُهْلِ يَشْوِى ٱلْوُجُوهَ ۚ بِئْسَ
ٱلشَّرَابُ وَسَآءَتْ مُرْتَفَقًا (٢٩) إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟
ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا (٣٠) أُو۟لَـٰٓئِكَ
لَهُمْ جَنَّـٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَـٰرُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ
مِن ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِّن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَّكِـِٔينَ
فِيهَا عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ ۚ نِعْمَ ٱلثَّوَابُ وَحَسُنَتْ مُرْتَفَقًا (٣١) ۞ وَٱضْرِبْ
لَهُم مَّثَلًا رَّجُلَيْنِ جَعَلْنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنَـٰبٍ وَحَفَفْنَـٰهُمَا
بِنَخْلٍ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا (٣٢) كِلْتَا ٱلْجَنَّتَيْنِ ءَاتَتْ أُكُلَهَا وَلَمْ
تَظْلِم مِّنْهُ شَيْـًٔا ۚ وَفَجَّرْنَا خِلَـٰلَهُمَا نَهَرًا (٣٣) وَكَانَ لَهُۥ ثَمَرٌ فَقَالَ
لِصَـٰحِبِهِۦ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَنَا۠ أَكْثَرُ مِنكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا (٣٤)

بەوشێوەیە پەروەردگار ماوەی مانەوەی یارانی ئەشکەوت بۆ پێغەمبەرمان ﷺ باس دەکاتو پاشان فەرمانی پێدەدات کە،

(٢٦) ئەی محمد ﷺ بڵێ ﷲ دەزانێت بەوەی کە ئەوان چەند لەو ئەشکەوتەدا بوون چونکە زانیاری نهێنیەکانی ئاسمانان وزەوی هەر بۆ ئەوە، چ عەجایب بینەرو بیسەرێکە ئەوە زاتە، جگە لەو زاتەش یارانی ئەشکەوت هیچ یارمەتی دەرێکیان بۆ نەبو، جا هەر ئەو زاتە بو کە بە سۆزو بەخششی خۆی ئەوانی پاراست، وە پەروەردگار لە بڕیارەکانی خۆیدا هیچ کەسێك ناکات بە هاوبەشی خۆی، واتە: ﷲ لە بڕیارەکانیدا نە یارمەتی دەری هەیەو نەراوێژکار و نیازیشی بەکەس نیە، جا تۆش لە بڕیارو فرمانڕەواییدا کەس نەکەی بە هاوبەش بۆ ئەو زاتە.

(٢٧) ئەوسا ئەی محمد ﷺ دوای ئەوە بکەوە کە وەحی کراوەتە لات لە پەڕاوەکەی پەروەردگارتدا کە قورئانەو بیخوێنەرەوەو شارەزایی رێگای راستیان بکە کە بەراستی ئەو پەڕاوە بڕیارەکانی (ﷲ)ی تێدایەو هیچ گۆڕێنەرێکیش نیە کە بتوانێ بڕیارو فەرمودەکانی (ﷲ) بگۆڕێو هیچ پەناگاو پاڵپشتێکت جگە لە ئەو زاتەش دەست ناکەوێت کەوابو هەر لە خۆی بترسەو هەر ئەو بکە بە پەناگاو پشتیوانی خۆتو نەترسی لە زۆری دوژمنانو ناحەزان، چونکە ئەوانە بەبێ ویستی ﷲ ناتوانن هیچ شتێکت لە گەڵدا بکەن، جا کەوابو گوێ مەدە بە قسەی ئەوانەی کە ئەڵێن ئەم مرۆڤە کەمو نادیاریانە لە خۆت دور بخەرەوە ئەوسا ئێمە لێت نزیك ئەبینەوە.

(٢٨) جا تۆ خۆت بگرە لەسەر بڵاوکردنەوەی پەیامەکەتو لەگەڵ ئەو کەسانەدابە کە بەیانیانو ئێواران خەریکی بەندایەتی پەروەردگاری خۆیاننو تەنها مەبەستیان رەزامەندی ئەو زاتەیە کە دروستی کردونو رێنمای کردون جا بە مەبەستی دەستکەوتنی جوانی ژیانی دنیا چاویان لێ کلامەکەو بەکەمیان تەماشا مەکەو هەرگیز پەیڕەویش مەکە لەو کەسەی کەوا ئێمە دڵیمان بێ ئاگاو غافڵ کردوە لە یادی خۆمانو ئەویش دوای ئارەزۆکانی خۆی کەوتوەو ئەوەی بەرژەوەندی دنیاو دوارۆژی ئەوی تێدایە وازی لێهێناوەو بە ئیشو کرداری بێ کەڵکەوە سەرقاڵە، چونکە شوێنکەوتنی ئەمانە جگە لە پەشیمانیو بێ ئاگای بوون لە یادی پەروەردگار بەرهەمێکی تری نیەو ئەرکی تۆیش تەنها گەیاندنی ئەو پەیامەیە بە راشکاوی.

(٢٩) جا بڵێ ئەمە حەقو راستییەکە لەلایەن پەروەردگارتانەوە کەمن بە ئێوەم راگەیاندوە جا کێ ئەیەوێت با باوەڕبهێنێت و هەرکەسێکیش ئارەزۆی لێ نیە با کافر بێت ئەم ئارەزۆکارییەش بەو مانایە نیە کەهەرکەس هەرکامیان بکات لای پەروەردگار یەکسانە نەخێر بەڵکو ئەمە هەڕەشەیەکی توندی پەروەردگارە لە خەڵکی بێباوەڕ،واتە دەفەرموێ من پێغەمبەرو بەرنامەی حەقو راستم بۆ ئێوە ناردوەو جا ئەوەی کە نایەوێ بەختەوەر بێت با هەر کافر بێ لەراستیدا ئەوە ستەمی لەخۆی کردوەو ئێمەش ئاگرێکمان بۆ ستەمکاران ئامادە کردوە کە دیوارەکانی ئەو ئاگرە گەمارۆی داونو ئەوان لە ناوی دا دەرناچن، وە ئەگەر لە ناو ئەو ئاگرەدا داوای ئاو بکەن ئاوێکیان بۆ دەهێنرێت وەك مسی تۆواوە کە چەند گەرمە ئاوەهایە، جا کە هەر نزیکی دەم وچاویان کرایەوە

دەم وچاوەکانیان دەبرژێنێت، دەی کاتێ کە دەیخۆنەوە ئەبێ چی لە ریخۆڵەکانیان بکات، ئەوەی کە دەی خۆنەوە خراپ ترین خواردنەوەیە کە ئێش‌و ئازاریان زیاتر دەکات وە پیسترین جێگایە جێگای ئارام گرتنیان کە ئاگری دۆزەخە کە ئارام گرتنێکی تێدا نیە. ئەمە ئەنجامی ئەو کەسانەیە کە بە ویستی خۆیان رێگای حەق‌و راستیان نەگرتوەتە بەرو ستەمیان لەخۆیان کرد، بەڵام ئەوانەی کەباوەڕیان هێناو دانیان بە راستی ئەو پەیامە دا ناوەو بە کردەوەی چاکیش ئیمانەکەیان سەلماندوە پەروەردگار لەبارەیانەوە دەفەرموێ:

﴿٣٠﴾ بەراستی ئەوانەی کەوا ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردوە با ئەوانە دڵنیا بن کە بێگومان ئێمە پاداشتی ئەوکەسەی ئیشی چاکتر ئەکات نافەوتێنین.

﴿٣١﴾ ئەوسا ئەوانە باغ وبێستانێکیان بۆ هەیە کە جێگەی دانیشتن‌و مانەوەی هەتا هەتاییە، لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا چەندین روبار دەڕوات‌و لەوێدا دەڕازێنرێنەوە وجوان دەکرێن بە دەستبەندانێکی زێڕین‌و دەپۆشێنرێن بە پۆشاکانێکی سەوز لەتەنك‌و لە قایمی ئاورێشمی، واتە: ئەوەی کە لە ژێرەوە دەیپۆشن ئاورێشمێکی تەنکەو ئەوەی سەرەوەیشیان ئاورێشمێکی قایم کە دانیشتون لەسەر تەختەکانیان بە ئاسودەییەوە شانیان دایەڵاوە، بەراستی ئەوە باشترین پاداشتەو باشترین جێگەی ئارام گرتن‌و حەسانەوەیە. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {تَبْلُغُ الْحِلْيَةُ مِنَ الْمُؤْمِنِ حَيْثُ يَبْلُغُ الْوَضُوءُ/مسلم وغيره/ ئەو دەسبەندە زێڕو زیوەی کە باوەڕداران لە بەهەشتدا ئەیپۆشن دەگاتە ئەو جێگایانەی کە ئاوی دەست نوێژ پێی دەگات} وە رواڵەتی ئایەتەکە ئەوە دەردەخات پیاوان‌و ئافرەتانی بەهەشتی هەمویان لەو پاداشتی رازانەوەو جوانکاریەدا بەشدارن. ئینجا پەروەردگار دوو نمونە دەهێنێتەوە یەکێکیان دنیا پەرستەوئەوی تریان خوا پەرستە هەردووکیان ماڵ‌و سەروەتیان هەیە خوا پەرستەکە سەروەت‌و سامانەکەی لە رەزامەندی (ﷲ) دا بەکاری دەهێنێت وشتێکی زۆری بەدەستەوە نامێنێت بۆ ئەم ژیانە بەڵام ئەوی تریان لەرێگەی پەرەپێدانی دنیادا بەکاری دەهێنێت، جا شێوەی

وَدَخَلَ جَنَّتَهُۥ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ قَالَ مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِۦٓ
أَبَدًا ﴿٣٥﴾ وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّى
لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا ﴿٣٦﴾ قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ
أَكَفَرْتَ بِٱلَّذِى خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّىٰكَ رَجُلًا
﴿٣٧﴾ لَّٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّى وَلَآ أُشْرِكُ بِرَبِّىٓ أَحَدًا ﴿٣٨﴾ وَلَوْلَآ إِذْ
دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ إِن تَرَنِ أَنَا۠
أَقَلَّ مِنكَ مَالًا وَوَلَدًا ﴿٣٩﴾ فَعَسَىٰ رَبِّىٓ أَن يُؤْتِيَنِ خَيْرًا مِّن
جَنَّتِكَ وَيُرْسِلَ عَلَيْهَا حُسْبَانًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَتُصْبِحَ صَعِيدًا
زَلَقًا ﴿٤٠﴾ أَوْ يُصْبِحَ مَآؤُهَا غَوْرًا فَلَن تَسْتَطِيعَ لَهُۥ طَلَبًا ﴿٤١﴾
وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِۦ فَأَصْبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيْهِ عَلَىٰ مَآ أَنفَقَ فِيهَا وَهِىَ خَاوِيَةٌ
عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَيَقُولُ يَٰلَيْتَنِى لَمْ أُشْرِكْ بِرَبِّىٓ أَحَدًا ﴿٤٢﴾ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ
فِئَةٌ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مُنتَصِرًا ﴿٤٣﴾ هُنَالِكَ ٱلْوَلَٰيَةُ
لِلَّهِ ٱلْحَقِّ ۚ هُوَ خَيْرٌ ثَوَابًا وَخَيْرٌ عُقْبًا ﴿٤٤﴾ وَٱضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ ٱلْحَيَوٰةِ
ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ
فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ ٱلرِّيَٰحُ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقْتَدِرًا ﴿٤٥﴾

ڕەفتارو سەرئەنجامی هەردووکیانمان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

﴿٣٢﴾ ئەی محمدﷺوێنەی ئەو دوو پیاوەیان بۆ باس بکە کە بە یەکێك لەوانە دوو باخی ترێ مان داو چواردەوری ئەو دوو باخە ترێیەشمان بە باخی خورما گرت وەلە بەینی ئەم دوو باخەیشدا جێگەی زراعەتمان پێ داو،

﴿٣٣﴾ هەر یەك لەو دوو باخەش بەرێك وپێکی بەروبومی خۆیان ئەدا، وە لە بەروبوم دا هیچ کەم وکوڕەییەکی نەبو، وە لە ناو ئەو دووانەدا چەندین جۆگەو روبارمان بۆ دانا کە بە ناو ئەو دو باخەدا ئەرۆیشتن،

﴿٣٤﴾حا ئەوکابرایە لەودوو باخەیدا بەرهەمی باشی دەست دەکەوت، جا لە حاڵێك دا کە لەگەل رەفیقەکەی کە پیاو چاك بو وتوێژی دەکرد، بە خۆ هەڵکێشانەوە پێی وت: من ماڵم لە تۆ زۆرترەو بەتواناترم لەتۆ چونکە کەس‌وکارو خزمەتکاری زۆرترم هەیە. وە بەم خۆ هەڵکێشانەشەوە نەوەستا بەڵکو،

ٱلْمَالُ وَٱلْبَنُونَ زِينَةُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَٱلْبَـٰقِيَـٰتُ ٱلصَّـٰلِحَـٰتُ
خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا (٤٦) وَيَوْمَ نُسَيِّرُ ٱلْجِبَالَ وَتَرَى
ٱلْأَرْضَ بَارِزَةً وَحَشَرْنَـٰهُمْ فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَدًا (٤٧) وَعُرِضُوا۟
عَلَىٰ رَبِّكَ صَفًّا لَّقَدْ جِئْتُمُونَا كَمَا خَلَقْنَـٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍۭ ۚ بَلْ زَعَمْتُمْ
أَلَّن نَّجْعَلَ لَكُم مَّوْعِدًا (٤٨) وَوُضِعَ ٱلْكِتَـٰبُ فَتَرَى ٱلْمُجْرِمِينَ
مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَـٰوَيْلَتَنَا مَالِ هَـٰذَا ٱلْكِتَـٰبِ
لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا ۚ وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟
حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا (٤٩) وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟
لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِۦٓ ۗ
أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّۢ ۚ
بِئْسَ لِلظَّـٰلِمِينَ بَدَلًا (٥٠) ۞ مَّآ أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ ٱلْمُضِلِّينَ عَضُدًا
(٥١) وَيَوْمَ يَقُولُ نَادُوا۟ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ فَدَعَوْهُمْ
فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَهُمْ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا (٥٢) وَرَءَا ٱلْمُجْرِمُونَ
ٱلنَّارَ فَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُم مُّوَاقِعُوهَا وَلَمْ يَجِدُوا۟ عَنْهَا مَصْرِفًا (٥٣)

(٣٥) ئەو چوە ناو باخەکەیەوە لە حاڵێکدا بە هۆی بێ باوەڕیو ناسوپاسیو خۆبەزلزانیەوە ستەمی لەخۆی کرد بوو، وتی: پێم وانیە هەرگیز ئائەم باخو بەروبومە بفەوتێتو لەبەین بچێت.

(٣٦) جا پێیشم وانیە کەقیامەت هەیەو بەرپا دەبێت، واتە: لە هاتنی قیامەتدا لەگوماندایە، جا بۆیە وتی: خۆ ئەگەر وەك تۆ دەڵێی قیامەتیش بێتو من ببرێمەوە بۆ لای پەروەردگارم لەوێش لەئێرە باشترم دەست دەکەوێت، چونکە پەروەردگار منی خۆش ویستوە کە لە دنیادا ئەم هەمو نیعمەتانەی پێداوم بە دڵنیاییەوە لە قیامەتیشدا هەر بەم شێوەیە بارودۆخی ژیانم چاکتر دەبێت.

(٣٧) رەفیقەکەی لەحاڵێکدا کە قسەی لەگەڵا دەکرد پێ وت: ئایا نا سوپاسو بێ باوەڕی سەبارەت بەو زاتەی کە لە خاك دروستی کردویتو پاشان لە تۆماو لە ئەنجامدا بە تەواوی رێكو پێکی کردویتو تۆی کردوە بەم پیاوە؟

(٣٨) بەڵام من وەك تۆ نیم بەڵکو باوەڕم وایە کە هەر زاتی (اللَّهُ)یە پەروەردگارمەو هەرگیز هیچ کەسێکیش ناکەم بە هاوبەشی پەروەردگارم.

(٣٩) جا خۆزگە تۆش کە دەچویتە ناو باخچەکەتەوە بتوتایە: ماشاء اللّه ، ئەوەی کە (اللَّهُ) ئارەزۆی لێ یەتی هەر ئەو ئەبێ هیچ هێزێکیش نییە جگە لە هێزی (اللَّهُ) کە مرۆڤ بپارێزێت، جا دڵخۆش مەبە بەو سەروەتو سامانە دنیایی خۆت ئەگەر تۆ ئەبینی ئەمرۆ من لە تۆ کەمتر ماڵو منداڵم هەیە.

(٤٠) دەی من ئومێد دەکەم کە لە دوارۆژ دا پەروەردگارم باشتر لەو باخو بێستانەی تۆم پێ بداتو بەنزیکیش دەبینم لە ئاسمانەوە بەڵایەك بۆ سەر باخچەکەی تۆ بنێرێتو لەناوی ببات، جا ئەو کاتە ئەو باخچە پڕ بەروبومە ببێیت بە زەویەکی سپی وسافو هیچ دارو درەختو شینای بەسەرەوە نەمێنێت.

(٤١)یان (اللَّهُ) ئاوەکەی بەناخی زەویدا بباتو وشکی کات، جا تۆ ئەو کاتە هەرگیز ناتوانی بچیت بە شوێن ئەو ئاوەداو دەری بهێنی، بەڵێ بەم شێوەیە ئامۆژگاری کردو پێی گەیاند ئەوەی کە سوپاسی نیعمەتەکانی پەروەردگاری نەکاتو سپڵە بێت ئەبێ چاوەروانی سزای پەروەردگاریش بێت، جا چۆنی وت وا هاتەدی.

(٤٢)ئەوسا هەموو باخو بەرو بومەکەی بە سزای پەروەردگار گەمارۆ دراو هەموی لەناوچوو، جا لە داخو حەسرەتا دەستی خۆی دەپوراندو ناڕەحەت بوو لەسەر ئەو هەمو خەرجیەی کە لەو زەوی زارەی کرد بوی کەوا ئێستا تەنانەت درختەکانیشی کەوتون بەسەری یەکدا، جا ئەوکاتە پەشیمانی روی تێکردو وتی: خۆزگە من هەرگیز هاوبەشیم بۆ پەروەردگارم بڕیار نەدایایە.

(٤٣)ئەوکاتە کە ئاوا توشی سزای پەروەردگار بوو جگە لە (اللَّهُ) هیچ کۆمەڵێك نەبو بۆی کە یارمەتیان بداو خۆیشی نەیتوانی تۆڵەی خوی وەرگرێتو سەرکەوێتو نەهێڵێت کە لە ناوچێت ئەو بەروبومە کە شانازی پێدەکردو پێی وابو کە لەناوچونی نیە.

(٤٤) ئا لەوکاتەدا کە پەروەردگار بڕیاری سزا دەکاتو بەڵاو عەزابی خۆی ڕەوانە دەکات بە ڕاشکاوی بۆ هەموان دەردەکەوێت کە ئالەوێدا کەس هیچی لە دەست نایەتو دەسەڵاتداریەتیو فەرمانڕەوای ڕاستەقینە هەر بۆ (ﷲ)یە، هەرلای ئەو زاتەشە کە باشترین پاداشتو عاقیبەتی چاکتر هەر لای ئەوە. وە ئەم چیرۆکە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوکەسانەی کە دنیا پەرستن تابزانن ئەگەر لە سەر و کوفرو ناسوپاسی خویان بڕۆن سەر ئەنجام پەنجەی پەشیمانی دەگەزن، وەلە داخو خەفەتدا دەستی خۆیان دەپروێنن، بەڵام ئەو کاتە هیچ سودێکی نابێ بۆیان، جا با پێش ئەوەی کەسزای پەروەردگار بدا بەسەریاندا بابیر بکەنەوە لەم داستانە کە پەروەردگاریان بۆ تەمێ کردنی ئەوانی ناردوە، سود وەربگرنو تەوبە بکەنو بەراستی ڕێگای پەروەردگاری خۆیان بگرن. جارێکی تر پەروەردگاری عالەم بۆ ئەوەی بەچاکی ژیانی ئەم دنیایە بناسین فرمان بە پێغەمبەرمانﷺ دەدات کە وێنەی ژیانی دنیامان بۆ باس بکات و دەفەرموێ:

(٤٥) وێنەی ژیانی دنیایان بۆ بهێنەرەوەو بڵێ: ژیانی دنیا وەك ئەو ئاوە وایە کە ئێمە لە ئاسمانەوە ڕەوانەی دەکەین جا تێکەڵاو بە زەوی دەبێتو سەوزی دەکاتو بە گژوگیا دەیرازێنێتەوە، جا لەوکاتەدا کە جوانیو سەوزاوی زەوی سرنج ڕاکێش دەبێت ئەو سەوزاییە دەبێ بە پوشو ووشكو ورد دەبێو بایش بەملاو بەولایدا دەبات، ئەوسا ئەو جوانیو سەوزاییە هیچ شوینەوارێکی نامێنێت، وە ﷲ بەسەر هەمو شتێکدا توانای هەیەو ویستی لە سەر هەرچی ببێت دەیکات. واتە: ژیان دنیایش هەر ئاوەهایە کاتێك کە ئەو ژیانەی کە (ﷲ) دایەتی بەمرۆڤ بە جوانیەکانی دنیا وەك لەش ساغیو گەنجیو سەروەتو سامان دەڕازێتەوە خاوەنەکەی پێیدا دەنازێتو پێی وایە ئەو بارو دۆخەی هەرئاوەها دەمێنێتەوە بەڵام لەپڕدا مردن ڕێی پێدەگرێت ودەمرێتو زۆریش نابات لەشەکەیشی دەبێت بە خاكو خۆڵێك کە با بەملاو بەولای دا دەباتو لە جوانیەکانی ژیانی هیچی بۆ نامێنێتەوە .

(٤٦) چونکە تەواوی سەروەتو ماڵ وکوڕان تەنها جوانیەکی ژیانی دونیایە بەڵام کردەوە چاکەکان کە دوادارەو دەمێننەوەو پاداشتی لە لایان پەروەردگارتەوە زۆر چاکترەوباشترین هیواو ئومێدە. وە هەر ئەو کردەوانەن شییای ئەوەن کەمرۆڤ دڵ خۆش بێت پێیان، بەشێك لەو چاکە دوادارانە ئەم وشە بەرزانەن {سبحان الله والحمد لله والله اكبر ولااله الاالله}. واتە لە ژیانی دنیا هەر کردەوە چاکەکانن کە بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوە، بۆیە پێغەمبەرمانﷺدەفەرموێ: {الدُّنْيَا مَلْعُونَةٌ مَلْعُونٌ مَا فِيهَا إِلَّا ذِكْرَ اللَّهِ وَمَا وَالَاهُ أَوْ عَالِمًا أَوْ مُتَعَلِّمًا./ابن ماجه، الترمذي، حسنه الالباني/ واتە:دنیاو ئەوەی کە تێیدایە نەفرین لێکراوە جگە لەیادی ﷲو ئەوەی کە ئەو زاتە پێی خۆش بێت وەیان جگە لەو کەسەی کە زانایە یان ئەوەی کە بە شوێنی زانست دا دەڕوات} ئینجا خوای گەورە گەشتێکی ڕۆحیمان بەناو کاول بوونی دنیاو هاتنی قیامەتمان پێ دەکاتو دەفەرموێ:

(٤٧) جا یادی ئەو ڕۆژە بکە کە ئێمە چیاکان لە شوێنی خۆیان هەڵ دەکەنینو پاڵیان پێوە دەنێینو وردیان دەکەین،جا وەك تۆزیان لێدێتو بڵاو دەبنەوەو نزماییەکانی زەوی پڕ دەکاتەوە ئەوسا زەوی ساف ئەبێت، جا ئەو کاتە زەوی ئەبێ بە دەشتێكو تۆ بە تەواوی دەیبینیت چونکە هیچ شتێك نیە بەرچاوت بگرێت، وە ئەو کاتە ئێمە هەمویان بە باوەڕدارو بێ باوەڕەوە لە هەر کوێدابن کۆ دەکەینەوە خۆ هیچ کامیشیان بەجێ ناهێڵین،

(٤٨) ئەوسا هەمویان بەریز کراوی لە پێشگای پەروەردگارتدا پیشان دەدرێنو بۆ حیسابو کتاب ئامادە دەکرێنو کەسیش ناتوانێ خۆی بشارێتەوە، جا پەروەردگار دەفەرموێ: بەراستی ئێوە دێنەوە بۆ لای ئێمە هەر وەك چۆن لەسەرەتادا ئێوەمان دروستکردوە کە ڕووتو قوتو بێ دەسەڵات بوون هەر ئاوەهاش بەرووتو قووتیو بێ دەسەڵاتی دێن بۆلای ئێمە نەماڵو منداڵ، نەهۆزو نەگەل، ونەکۆڕو کۆمەڵ هیچ کام لەگەڵتاندا نیین، بەڵکو ئەی بێباوەڕان ئێوە گومانتان دەکرد کە ئێمە کاتمان دانەناوە

وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ لِلنَّاسِ مِن كُلِّ مَثَلٍ ۚ وَكَانَ
الْإِنسَانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا ﴿٥٤﴾ وَمَا مَنَعَ النَّاسَ أَن يُؤْمِنُوا
إِذْ جَاءَهُمُ الْهُدَىٰ وَيَسْتَغْفِرُوا رَبَّهُمْ إِلَّا أَن تَأْتِيَهُمْ سُنَّةُ
الْأَوَّلِينَ أَوْ يَأْتِيَهُمُ الْعَذَابُ قُبُلًا ﴿٥٥﴾ وَمَا نُرْسِلُ الْمُرْسَلِينَ
إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ۚ وَيُجَادِلُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِالْبَاطِلِ
لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ ۖ وَاتَّخَذُوا آيَاتِي وَمَا أُنذِرُوا هُزُوًا ﴿٥٦﴾ وَمَنْ
أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ فَأَعْرَضَ عَنْهَا وَنَسِيَ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ ۚ
إِنَّا جَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا ۖ
وَإِن تَدْعُهُمْ إِلَى الْهُدَىٰ فَلَن يَهْتَدُوا إِذًا أَبَدًا ﴿٥٧﴾ وَرَبُّكَ
الْغَفُورُ ذُو الرَّحْمَةِ ۖ لَوْ يُؤَاخِذُهُم بِمَا كَسَبُوا لَعَجَّلَ لَهُمُ
الْعَذَابَ ۚ بَل لَّهُم مَّوْعِدٌ لَّن يَجِدُوا مِن دُونِهِ مَوْئِلًا ﴿٥٨﴾
وَتِلْكَ الْقُرَىٰ أَهْلَكْنَاهُمْ لَمَّا ظَلَمُوا وَجَعَلْنَا لِمَهْلِكِهِم
مَّوْعِدًا ﴿٥٩﴾ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِفَتَاهُ لَا أَبْرَحُ حَتَّىٰ
أَبْلُغَ مَجْمَعَ الْبَحْرَيْنِ أَوْ أَمْضِيَ حُقُبًا ﴿٦٠﴾ فَلَمَّا بَلَغَا
مَجْمَعَ بَيْنِهِمَا نَسِيَا حُوتَهُمَا فَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ سَرَبًا ﴿٦١﴾

بۆ گەڕانەوەو لێکۆڵینەوەی کردەوەکانتان و بێباوەڕ بوون پێی؟! بەراستی ئێوە زیندو دەکرێنەوە،

﴿٤٩﴾ جا نامەی کردەوەکانتان بۆ دادەنرێت، جا ئەو کاتە دەبینی ستەمکاران لەوەی کە لە ناو ئەو نامەدا هەیە کە کوفرو تاوانەکانیانە زۆر دەترسن، چونکە دەبینن هەمو شت تۆمار کراوەو دەڵێن: هاوار بۆ ئێمە ئەم نامەیە نە بچووك و نە گەورەی نەبواردوەو هیچی بەجێی نەهێشتوە هەموی تێدایەو ژمارەکراوەو ئەوەی کە کردویانە هەموی ئامادەیەو لە پێش چاویاندایەو دەیبینن، وە پەروەردگارت ستەم لەهیچ کەسێك ناکاتو زیادە لەسەر کەس نانوسێت بەڵکو ئەوەی کە لەو نامەدا هەیە کە ئەگەر بە زمان خۆیان شایەتی لەسەر نەدەن ئەندامەکانی تریان شایەتیان لەسەر دەدەن. ئینجا پەروەردگار دەچێتە سەر داستانی ئادەم سەلامی خوای لەسەر بێ‌و ئیبلیس هەیەو یناسەیەکی کورتی ئەو شەیتانەمان بۆ دەکات کە ئاوا دوارۆژێکی پڕ مەترسی لەبیری زۆرێك لە رۆڵەکانی ئادەم بردوەتەوەو دەفەرموێ:

﴿٥٠﴾ جا بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە ئێمە گوتمان بە فریشتەکان سوجدە ببەن بۆ ئادەم جا ئەوانیش هەمویان سوجدەیان برد بۆ ئادەم جگە لە "ئیبلیس" کە شەیتانەو لە بەرەی جنۆکەکانە جا ئەو لە فەرمانی پەروەردگاری خۆی دەرچوو سوجدەی نەبردو بەر نەفرینی هەمیشەیی (اللَّهُ) کەوت، دەی ئایا ئەوە ژیرانەیە کە ئێوە ئەو شەیتانەو نەوەکانی بکەن بە دۆستی خۆتان لە باتی من؟ لە حاڵێکدا ئەوان بۆ ئێوە دوژمنن‌و ئەوەی کە زیانی ئێوەی تێدا بێت ئەوە دەکەن، جا هەر کەسێك ئەو ئاڵوگۆڕیە بکات‌و لەباتی پەروەردگار، خۆی بەدەست شەیتانەوە بدات بەراستی ئەوە توشی ستەمێکی گەورە بووە، ئای چەند خراپەو چەند نابەجێیە بۆ ستەمکاران ئەو ئاڵوگۆڕەی کە دەیکەن. چونکە هەمو بەختەوەرییەك لە شوێنکەوتنی فەرمانەکانی (اللَّهُ) دایەو هەمو چارەرەشیش لە شوێنکەوتنی شەیتان‌و دارو دەستەکەی دایە پاشان پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿٥١﴾ من لە کاتی دروست کردنی ئاسمانان‌و زەوی‌و بەدی هێنانی خۆیشیاندا ئەوانم ئامادە نەکردوەو گومڕاو سەرلێ شێواویانەم نەکردوە بە راوێژکارو یارمەتی دەری خۆم، واتە: ئەوان خۆیان بەندەو دروستکراوی منن کە ئێوە دەیان پەرستن‌و دەیانکەن بە هاوبەشی من لە حاڵێکدا ئەوان هیچ زانیاریەکیان سەبارەت بە دروستکردن‌و چۆنێتی‌و چەندێتی ئاسمانان‌و زەویدا نیە تەنانەت لە کات‌و ساتی دروستکردنی خۆیشیان بێ ئاگان، جا چۆن دەیان پەرستن‌و گوێڕایەڵیان دەکەن؟!

﴿٥٢﴾ ئەو رۆژەی کە(اللَّهُ) دەفەرموێ :ئادەی بانگ بکەنە ئەو هاوبەش وشەریکانەی من کە لە دنیادا پێتان وابو شەریك‌و هاوکاری منن بەڵکو بێن بە دەمتانەوەو لەم سزایە رزگارتان بکەن، جا ئەوانیش بانگیان دەکەن بەڵام وەڵامیان نادەنەوە، وە ئێمە لە نێوانیاندا رێگرو بەربەستی دیواری ئاگرینمان داناوە هەرگیز فریای یەکتر ناکەون،

﴿٥٣﴾ جا ئەو کاتەی کە تاوانباران ئەو ئاگرە گەورەیان دی ئەوسا دەزانن کە بێگومان دەچنە ناویەوەو رێگای دەرچونیشیان نیەو هیچ شتێکیشیان دەست ناکەوێت کە لەو ئاگرە لایان بدات. ئەومیە پاشە رۆژی خوانەناسان‌و ستەمکاران، ئینجا خوا ئەفەرموێ:

(٥٤) بەراستی ئێمە لەم قورئانەدا چەندین وێنە ی جۆراوجۆر مان بۆ خەڵك هێناوە بۆ ئەوی بیر بکەنەوەو ڕێگای ڕاستو دروست بگرنەبەرو واز لە کوفرو شیركو تاوان بهێنن،بەڵام مرۆڤ لەبەرامبەر ئەو هەمو وێنە ڕۆشنکەرەوانەەدا بەراستی ئینسان لە هەمو شتەکانی تر مشتو مڕکەرو کێشە دروست کەرترە. لە فەرمودەیەکدا کە ئیمامی بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردوە هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ شەوێك لە دەرگای ماڵی فاتیمەی کچی دا کە خێزانی علی بو فەرموی: ئایا نوێژ ناکەن؟ عەلی ئەڵێ وتم: ئەی پێغەمبەر گیانمان بەدەستی خوایە،جا هەر کاتێ ئارەزۆی لێ بێ خەبەرمان بکاتەوە، خەبەرمان دەکاتەوە، پێغەمبەرﷺگەڕایەوەو هیچی نەوت، لەپاشان گوێم لێ بوو لەرانی خۆی ئەداو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە:"بەراستی ئینسان زۆر مشتو مڕکەرە". بەڵێ زۆرن ئەوانەی کە لە بەرامبەر ئایەتەکانی پەروەردگارەوە دەمەقاڵەو مشتومڕ دەکەن، وە ئەوەی کە ئەوانی وا لێکردوە ئەوە نیە کە ئایەتەکانی پەروەرگار ڕۆنو ڕۆشنکەرەوەو خاوەنی بەڵگەی بەهێز نەبن، بەڵکو خۆبە زلزانینو دژایەتی باوەڕدارانە کە ئاوای لێکردون کە بێ باوەڕبنو لە بەرامبەر ئایەتەکانی (ﷲ)دا بوەستن، بەڵام کاتێ کە سزاو بەڵای پەروەدگاریان دی ئەوکاتە ئیتر مشتومڕێك لە ئارادا نامێنێتو بە چاکی باوەڕدەهێنن،جا بۆیە دەفەرموێ:

(٥٥) خۆ هیچ شتێك بەرگری نەکردوە لەوان کاتێك کە ڕێنمایان بۆ هاتوە کە باوەڕ بهێننو داوای لێ خۆشبون لە پەروەردگای خۆیان بکەن جگە لەوەی کە ئەیانەوێ باوو نەریتی پێشوەکانیان بۆ دووبارە ببێتەوەو چی بەسەر ئەواندا هاتووە بە سەر ئەمانیشدا بێت یان سزایەکیان بۆ بێت کە بە چاوی خۆیان بیبینن؟!

(٥٦) ئەوسا ئێمە پێغەمبەرانمان ڕەوانە نەکردوە مەگەر بۆ ئەوەی کە موژدە بدەن بە چاکەکاران بە نازو نیعمەتێکی نەبڕاوەو خراپەکارانیش بترسێنن لە سزای زۆر توندی ﷲ، هەر ئەمەیە ئیشی ئەوان جا نەزۆر لە کەس ئەکەنو نەبۆ بەرژەوەندی دنیایی خۆیان بانگەوازی خەڵك ناکەن، وە بێ باوەڕان بە قسەی بێ ناوەرۆكو ناڕەوا کێشەو دەمەقاڵە دەکەن بۆ ئەوەی کە حەقو ڕاستی تێشکێننو لەبەینی ببەنو تا ئایەتەکانی ئێمەو هەڕەشەکانمان بەگاڵتە بگرنو سوکایەتیان پێ بکەن؟!

(٥٧) کێ هەیە ستەمکارتر لەو کەسەی کە بە نیشانەکانی پەروەردگاری خۆی ئامۆژگاری بکرێت بەڵام ئەو پشتی تێ بکاتو ئەو تاوانو خراپانەی کە لە پێشەوە کردویەتی لە بیری خۆی بباتەوە، جا مادام ئەوەندە ستەمکارە؟ بێگومان ئێمەش لەسەر دڵیاندا چەندین پەردەمان داناوە تا هیچ شتێك لەم قورئانە فام نەکەنو سودی لێ وەرنەگرن، وە لەناو گوێکانیاندا باری قورسمان داناوەو کەڕوکاسن لەبیستنی حەق وراستیدا، جا ئەی بانگ کەری ڕێگای ڕاست ئەوسا ئیتر ئەگەر تۆش بانگیان بکەی بۆ ڕێگای خۆشبەختیو هیدایەت ئەوان هەرگیز ڕێگای هیدایەتو ڕێنمایی ناگرن، چونکە ئەو لاساریەی خۆیان بوتە هۆی ئەودڵ ڕەقیو حەق نەبیستنەیان.

(٥٨) ئەوسا بە ڕاستی پەروەردگاری تۆ زۆر لێ خۆشبوو خاوەنی سۆزو ڕەحمەتە ئەگەر ئەو زاتە بە هۆی ئەو ئیشە خراپانەیانەوە زوو تۆڵەی لەوان وەرگرتایەو بەزەیی بەواندا نەهاتایەوە بەراستی خوا پەلەی دەکرد بۆیان وزوو سزای دەدان، بەڵام پەلە ناکات چونکە بۆ ئەوان کاتی دیاری هەیە،جا ئەو کاتە دیاری کراوە ش کە هات جگە لە (ﷲ) هیچ سەنگەرو پەناگایەکیان دەست ناکەوێت.

(٥٩) ها ئەوە چەندین وڵاتە کە لە ناومان بردوون لەبەر ئەوەی ستەمیان کردوەو پەیڕەوی ئایینو پێغەمبەرەکانیان نەکرد جا بۆ هەر کام لەوانەش کاتی دیاری کراومان بۆ دانا بوو تا کاتە کەیان نەهات هەرچیان کرد کردیان بەڵام خۆ ئێستا ئێوە سەرەنجامی ئەوانە دەبیسنو دەبینن بۆ ئەبێ بیر نەکەنەوە؟ ئینجا خوای زاناو کار بەجێ بەسەرهاتێکی موسامان بۆ باس دەکات، ئەڵێن: موسا ڕۆژێك لە ناو بەنی ئیسرائیل دا وتارێکی کاریگەرو جوانی خوێندوە لە دوای وتارەکەی پیاوێك لێی پرسی ئەی موسا زاناترین کەس کێیە؟ ئەویش وتی: منم،جا شیاوتر ئەوە بووکە بیگوتایە: والله اعلم، هەر (ﷲ)یە زاناترو بە هەر کەسێکیش بیەوێت زانیاری پێدەدات، جا بۆیە

فَلَمَّا جَاوَزَا قَالَ لِفَتَىٰهُ ءَاتِنَا غَدَآءَنَا لَقَدْ لَقِينَا مِن سَفَرِنَا
هَٰذَا نَصَبًا ﴿٦٢﴾ قَالَ أَرَءَيْتَ إِذْ أَوَيْنَآ إِلَى ٱلصَّخْرَةِ فَإِنِّى نَسِيتُ
ٱلْحُوتَ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيْطَٰنُ أَنْ أَذْكُرَهُۥ ۚ وَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ
فِى ٱلْبَحْرِ عَجَبًا ﴿٦٣﴾ قَالَ ذَٰلِكَ مَا كُنَّا نَبْغِ ۚ فَٱرْتَدَّا عَلَىٰٓ ءَاثَارِهِمَا
قَصَصًا ﴿٦٤﴾ فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَآ ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ
عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴿٦٥﴾ قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰ هَلْ أَتَّبِعُكَ
عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا ﴿٦٦﴾ قَالَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ
مَعِىَ صَبْرًا ﴿٦٧﴾ وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَىٰ مَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ خُبْرًا ﴿٦٨﴾ قَالَ
سَتَجِدُنِىٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ صَابِرًا وَلَآ أَعْصِى لَكَ أَمْرًا ﴿٦٩﴾ قَالَ
فَإِنِ ٱتَّبَعْتَنِى فَلَا تَسْـَٔلْنِى عَن شَىْءٍ حَتَّىٰٓ أُحْدِثَ لَكَ مِنْهُ ذِكْرًا
﴿٧٠﴾ فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا رَكِبَا فِى ٱلسَّفِينَةِ خَرَقَهَا ۖ قَالَ أَخَرَقْتَهَا
لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا لَقَدْ جِئْتَ شَيْـًٔا إِمْرًا ﴿٧١﴾ قَالَ أَلَمْ أَقُلْ إِنَّكَ
لَن تَسْتَطِيعَ مَعِىَ صَبْرًا ﴿٧٢﴾ قَالَ لَا تُؤَاخِذْنِى بِمَا نَسِيتُ وَلَا
تُرْهِقْنِى مِنْ أَمْرِى عُسْرًا ﴿٧٣﴾ فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا لَقِيَا غُلَٰمًا فَقَتَلَهُۥ
قَالَ أَقَتَلْتَ نَفْسًا زَكِيَّةًۢ بِغَيْرِ نَفْسٍ لَّقَدْ جِئْتَ شَيْـًٔا نُّكْرًا ﴿٧٤﴾

پەروەردگار وەحی کردە لای کە بەندەیەك لە بەندەکانی من کە لە کۆجێی دوو بەحرەکەیە لە تۆ زاناترە، جا موسا وتی: ئەی پەروەردگارم چۆن بیدۆزمەوە، پێی فەرمو: ماسیەك بخەرە ناو زەنبیلەکەتەوە لە کوێ لێتان ونبوو ئەوە لەوێ دایە.

(٦٠) جا ئەی محمد باس بکە بۆ گەلەکەت ئەو کاتەی کە موسا بە لاوەکەی هاورێی کە یوشەعی کوری نون بو وتی: رێکەوە با بچین بۆ سەفەرێك‌و واز لە گەران ناهێنم‌و هەر دەرۆم هەتا ئەگەمە ئەو شوێنەی کە هەردوو بەحرەکە بەیەك دەگەن ئەگەر چی ماوەیەکی زۆریشم پێ بچێت، جا کەوتنە رێگاو رۆیشتن هەتا گەیشتنە دووانی دەریاکان.

(٦١) جا کاتێك کە گەیشتنە ئەو شوێنەی کە هەردوو دەریاکە بەیەك دەگەن لەوێدا ئەو ماسیەی کە پێ یان بوو زیندو بویەوەو خۆی فرێدایە دەریاکە، جا ماسیەکە رێگەیەکی بۆ خۆی کردەوە لە ناو دەریاکەداو کونی کردو دەریاکە وەك شتێکی رەقی لێ هات‌و ماسیەکە دیاربو، ئینجا هەستان‌و چون‌و ماسیان لەبیر نەما.

(٦٢) جا کاتێك کە تێ پەرین‌و هەردووکیان لەو شوێنە دورکەوتنەوە ئینجا موسا بەو کورە گەنجەی کەلە گەڵیا بوو وتی: خواردنەکەمان بۆ بهێنە با بیخۆین بەراستی لەم سەفەرەدا دوچاری نارەحەتی وماندوی بوین، موسا تا گەیشتە شوێنی ئامانج ماندو نەبو بەڵام کاتێ لە ئامانج تێ پەرین هەستی ماندویەتی کرد.

(٦٣) ئینجا لاوەکەش وتی: دەزانی کاتێ هاتینە لای بەردەکە ماسیەکە زیندو بویەوەو رۆیشتە ناو دەریاکە؟ بەراستی زۆرم پێ سەیرە کە ئەو شتە گرنگە رویدا کەچی من لە بیرم چو کە هەواڵەکەت پێ بدەم هەر شەیتان بوو کە لەبیری منی بردەوە کە بۆت باس بکەم، وە ئەو ماسیە رێگەی خۆی گرت لەو بەحرەداو بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر رۆیشت بەناوی دا.

(٦٤) موسا وتی: ئا ئەوەمان ئەوێ‌و مەبەستی ئێمە ئەو شوێنەیە جا هەردووکیان بە پەلە بە شوێنی خۆیاندا گەرانەوە.

(٦٥) ئینجا لەوێ بەندەیەك لە بەندەکانی ئێمەیان دیت کە ئێمە سۆزێکی گەورەو گرنگمان پێ دا بو لە لایەن خۆمانەوەو زانیاریەکی تایبەتیشمان پێ دا بو.

(٦٦) موسا پێ وت: ئایا رازی ئەبی کە من دوات بکەوم بۆ ئەوەی من فێر بکەیت لە بەشێك لەوەی کە بە چاکی‌و تەواوی شارەزاکراویت؟ بەڵێ زانیاری ئەوەندە گرنگە پێغەمبەرێکی خوایەو ﴿أُوْلُواْ ٱلْعَزْمِ﴾ نالێ ئەبێ لەگەڵ تۆدا بم، بەڵکو ئەڵێ دوات بکەوم بۆ ئەوەی شارەزام بکەیت،واتە: قوتابی هەر کەس هەبێ پێویستە رێزی مامۆستای بگرێت چونکە زانیاری کە نیعمەتێکی هەرە گەورەیە لەوەوە فێر دەبێت، بەداخەوە ئەمرۆ حیزبایەتی قوتابانیشی کردوە بەدژی مامۆستاکانیان؟!!

(٦٧) ئەو کابرایەیش کە خدر بوو لەوەڵامی موسادا وتی: بێگومان تۆ لەگەڵ من دا خۆناگریت، چونکە ئەگەر لەگەڵ مندا بیت شتی وا دەبینیت کە بەرواڵەت نارەوایەو تۆ ناتوانی لێی بێدەنگە ببیت،

(٦٨) خۆ تۆ کە پێغەمبەرێکی چۆن دەتوانی خۆت بگریت لەسەر ئیشێکی ئاوا کە ئاگات لە ناوەرۆکی نیەو لێی ئاگادارنەبیت.

(٦٩) موساش وتی: ئینشا ئەڵلا تۆ دەبینی من خۆ دەگەرمو دژایەتی هیچ فرمانێکی تۆ ناکەم،

(٧٠) جا خدر وتی: ئەگەر تۆ دوای من دەکەوی ئەوسا دەبێ پرسیاری هیچ شتێکم لێ نەکەیت هەتا خۆم باسی ئەوەت بۆ دەکەم،

(٧١) جا لەسەر ئەم بڕیارو مەرجە خدرو موسا ڕۆیشتن هەتا سواری کەشتییەك بوون،خدر کەشتییەکەی کون تێکردو تەختەیەکی لێ شکاند تەنها موساش دی، جا وتی: تۆ ئەو کەشتییە ئەشکێنی تا ئەوەی کە لە ناویدایە غەرق ببێو بخنکێ؟ بەراستی تۆ شتێکی خراپ دەکەی

(٧٢) خدر وتی: مەگەر من نەم وت کەتۆ لەگەڵ مندا توانای خۆ گرتنت نییە؟

(٧٣) موسا وتی: ئەم جارە لێم مەگرەو سەر کۆنەم مەکە لەسەر شتێك کە لە بیرم چوەو لەم ئیشەمدا قورسی مەکە لەسەرم، خدر بەهانەکەی موسای پەسەند کردو درێژەیان بەسەفەرەکەیاندا.

(٧٤) ڕۆیشتن هەتا گەیشتن بە منداڵێك خدر منداڵەکەی گرتو کوشتی، کە ئەمەی بینا ناڕەحەت بو وتی: ئایا نەفسێکی پاك بەبێ ئەوەی کەسێکی کوشتبێ دەیکوژیت؟ چۆن ئیشی وادەکەیت بەراستی ئیشێکی خراپت کرد،

(٧٥) جا خدر توندتر وەڵامی دایەوەو وتی: ئەی من پێم نە وتیت کە تۆ توانای ئەوەت نیە کە لەگەڵ مندا خۆت بگری. لێرە وشەی ﴿لَّكَ﴾ی زیاد کردوە چونکە لەپێشەوە وتی: ﴿قَالَ أَلَمْ أَقُل إِنَّكَ﴾ جا موسایش زانی کە قسەکەی ڕاستەو بە جێیە بۆیە.

(٧٦) موسا وتی: ئەگەر لە پاش ئەم جارەی دووهەمە جارێکیتر لەبارەی هەرشتێکەوە پرسیارم لێ کردیت ئیتر تۆ هاوڕێیەتی من مەکە بەراستی لەلایەن منەوە بەهانەت پێ

۞ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا (٧٥) قَالَ إِن
سَأَلْتُكَ عَن شَيْءٍ بَعْدَهَا فَلَا تُصَٰحِبْنِي ۖ قَدْ بَلَغْتَ مِن لَّدُنِّي عُذْرًا
(٧٦) فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَيَآ أَهْلَ قَرْيَةٍ ٱسْتَطْعَمَآ أَهْلَهَا فَأَبَوْا۟
أَن يُضَيِّفُوهُمَا فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَن يَنقَضَّ فَأَقَامَهُۥ ۖ
قَالَ لَوْ شِئْتَ لَتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا (٧٧) قَالَ هَٰذَا فِرَاقُ بَيْنِي
وَبَيْنِكَ ۚ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا (٧٨) أَمَّا
ٱلسَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَٰكِينَ يَعْمَلُونَ فِي ٱلْبَحْرِ فَأَرَدتُّ أَنْ أَعِيبَهَا
وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا (٧٩) وَأَمَّا ٱلْغُلَٰمُ
فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤْمِنَيْنِ فَخَشِينَآ أَن يُرْهِقَهُمَا طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا
(٨٠) فَأَرَدْنَآ أَن يُبْدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيْرًا مِّنْهُ زَكَوٰةً وَأَقْرَبَ رُحْمًا
(٨١) وَأَمَّا ٱلْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَٰمَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي ٱلْمَدِينَةِ وَكَانَ
تَحْتَهُۥ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَٰلِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَآ
أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۚ وَمَا فَعَلْتُهُۥ
عَنْ أَمْرِي ۚ ذَٰلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا (٨٢) وَيَسْـَٔلُونَكَ
عَن ذِي ٱلْقَرْنَيْنِ ۖ قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا (٨٣)

گەیشتوەو هیچ تاوانێکت نیە لە جیابونەوەدا، پاش ئەم قسەو گفتوگۆیە درێژەیان بەسەفەرەکەیان دا

(٧٧) جارۆیشتن هەتا گەیشتنە ناوخەڵکی گوندێك، داوای خواردن ومێوانداریان لێ کردن بەڵام ئەوان خواردنیان پێ نەدانو میوانداریان نەکردن بەو برسێتیەوە چاویان بەدیوارێك کەوت کە لارببو خەریك بوو ئەکەوت، خدر چوە لای دیوارەکەو هێمایەکی بۆ کردو ڕاستی کردەوە، موسا بۆ جاری سێهەم ڕەخنەی لە خدر گرتو وتی: تۆئەگەر بتویستایە لەسەر چاك کردنەوەی ئەم دیوارە کرێو مافی خۆتت وەردەگەرتو ئەماندا بەخواردنو لەو برسێتیە ڕزگار دەبوین بۆچی بە بەلاش بۆ ئەم گەلەی کە ئامادە نەبوون میوانداریمان بکەن ڕاستت کردەوە ؟ ئینجا خدر بۆ دواجار

(٧٨) وتی: ئیتر ئا لێرەدا کاتی جیابونەوەی منو تۆیە، بە زوی مانای ئەو شتانەت پێ دەڵێم کە تۆ لە گەڵ مندا نەتتوانی لەسەریان خۆت بگری تا ئەو کاتەی کە خۆم بۆ تۆم باس دەکرد، جاوا خدر کەم کەم مانای ئەو ئیشانەی خۆی بۆ موسا باس دەکاتو دەڵێ:

٧٩ ئەو کەشتییە هی چەند هەژارێك بوو کە لەو دەریایەدا ئیشیان پێ ئەکرد، من ویستم کە لەکەداری بکەم چونکە لە پێش دەمیاندا کە پێی دەگەیشتن پاشایەك بو کە هەر چی کەشتی بێ عەیبی چاو پێ بکەوتایە دەیگرتو بە زۆر دەی برد بۆ خۆی، منیش ئاوا عەیبدارم کرد تا ئەو پاشا ستەمکارە نەیبات‌و بمێنێتەوە بۆ خاوەنە فەقیرەکانی.

٨٠ جا ئەو منداڵەش کەوا کوشتم باوك ودایکی باوەڕدار بوون ترساین کە ناچاریان بکات‌و بەرەو سەرکەشی‌و کوفر بیانبات، چونکە ئەو منداڵە سروشتی لە سەر کوفر دانرا بو، وەئەگەر بمایەوە باوك‌و دایکیشی توشی کوفر دەکرد، چونکە زۆریان خۆش دەویست. هەر وەك پێغەمبەرﷺدەفەرموێ:{ إِنَّ الْغُلَامَ الَّذِي قَتَلَهُ الْخَضِرُ طُبِعَ كَافِرًا وَلَوْ عَاشَ لَأَرْهَقَ أَبَوَيْهِ طُغْيَانًا وَكُفْرًا /مسلم وغيره/ واتە: بێگومان ئەو منداڵەی کە خدرکوشتی مۆری کافری پێدا نرابو ئەگەر بمایە باوك‌و دایکی بەرەو سەرکەشی‌و کوفر دەبرد }

٨١ لەبەر ئەوە ئێمەش ویستمان پەروەردگاریان بیگۆڕێتەوە بۆیان بە کوڕێکی پاك ترو دڵسۆزتر.

٨٢ خۆ ئەو دیوارەش کە لارببو نزیك بوو بکەوێت‌و راستمان کردەوە بەبێ ئەوەی کە داوای هیچ پاداشت و ئەجرێك لە هیچ کەسێك بکەین هی دوو منداڵی هەتیوی شارەکە بو، وە لە ژێر ئەو دیوارەدا خەزێنەی ئەوانی تێدابوو کە هی باوکیان بوو، وە باوکی ئەوان پیاوێکی ساڵح بوو لە بەر خاتری باوکیان ئەو چاکەیان لەگەڵ کرا، وە خوای تۆ ویستی کە ئەو دوو منداڵە پێ بگەن‌و بەهێز ببن‌و خەزێنەکەی خۆیان کە لەژێر ئەو دیوارە شاراوەتەوە دەری بهێنن جا ئەمە سۆزو رەحمەتێك بوو لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆ ئەو دوو منداڵە، وە ئەی موسا ئەو نیشانەی کە من کردم هیچی لەسەر بیروڕای خۆم نەم کردوەو بەلکو فەرمانم پێکراوە، ئەوەیش بوو مانای ئەو شتانەی کە تۆ توانات نەبوو خۆت بگری لەگەڵ مندا هەتا خۆم بۆت باس بکەم؟ پێغەمبەرﷺکە ئەم بە سەرهاتە باس دەکات دەفەرموێ:{ وَجَاءَ عُصْفُورٌ حَتَّى وَقَعَ عَلَى حَرْفِ السَّفِينَةِ ثُمَّ نَقَرَ فِي الْبَحْرِ فَقَالَ لَهُ الْخَضِرُ مَا نَقَصَ عِلْمِي وَعِلْمُكَ مِنْ عِلْمِ اللَّهِ إِلَّا مِثْلَ مَا نَقَصَ هَذَا الْعُصْفُورُ مِنْ الْبَحْرِ. /متفق عليه/ واتە: مەلێکی بچوك هاتە سەر کەشتیەکە پاشان دونکی دا بەناو ئاوی دەریاکەدا، جا خدر بە موسای وت: زانستی من و زانستی شتێك لە زانیاری‌و عیلمی (ﷻ) کەم ناکاتەوە مەگەر ئەوندەی ئەوە نەبێت کە ئەو مەلە لە ئاوی ئەودەریایەی کەم کردەوە. دیارە خدر لە ژێر ویست‌و فرمانی پەوەردگار ئەو ئیشانەی کرد بو، بەڵام کاتێك کە قسە دەکات وا وشەکان بەکار دەهێنێت کە بەرامبەر بە پەروەردگاری رێزو ئەدەبی تێدایە، بۆیە کاتێك باس لە عەیبدار کردنی کەشتییەکە دەکات، چونکە باس لە ناڕێکی‌و عەیب دەکات دەیداتە لای ویستی خۆی‌و دەڵێت: ﴿فَأَرَدتُّ أَنْ أَعِيبَهَا﴾ وە کاتێك باس لە کوشتنی منداڵەکەو بەخشینی منداڵێکی تر لە باتی ئەودا دەکات بەشێکی بە لای ویستی خۆی دەدات‌و بەشێکی تری بەلای ویستی پەروەردگار دەدات‌و جا بۆیە کۆی دەکاتەوەو دەڵێت: ﴿ فَأَرَدْنَآ ﴾ وە ئەو کاتەش کە باس لە لێبوردن‌و چاکە کردن‌و بەخشینی ماڵە بەو دوومناڵە هەتیوە دەیدات بەلای ویستی پەروەردگارداو دەڵێت: ﴿ فَأَرَادَ رَبُّكَ ﴾ جا موسایش لەم سەفەرەدا زانیاری زۆری لە خدرەوە دەست کەوت‌و بە چاکیش بۆی دەرکەوت کە لەو زاناتر هەیە، هەروەك لەسورتی یوسف دا فەرموی: ﴿ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ ٧٦ ﴾ واتە: لەسەر هەمو خاوەن زانیارییەکەوە زاناتر هەیەو لەسەر هەموانەوە(ﷻ)یە جل جلالە. وە ئەمە کرداری دوو پێغەمبەری خودان کە وەحییان بۆ هاتوە هەروەك خدر دەڵێت: من بەندەیەکم کە فرمان پێکراوەو هیچی بە بیروڕای خۆمم نەکردوە، جا ئەم کردارانەی خدر نابێ بکرێ بە بەڵگە لەسەر دوکاندارانی ئایین فرۆش کە بەناو کەرامەتەوە شتی پێچەوانەی ئایین ئەنجام بدەن‌و بڵێن پێمان وتراوە، کەرامات بۆ دۆستانی خوا راستە بەڵام نابێ ئەو ئیشە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێ، خدر لێرە هەموی بەگوێرەی وەحی پەروەردگار ئەنجام داوەو ئیشەکەی شەریعەتی خودا بوە، موساش دژایەتی کردوە تا ئەو کاتەی راستیەکەی بۆ دەرکەوتوە ئیتر هیچی نەوتوە، وەك مەسئەلەی بڕیارەکەی داودو سلیمان لە بارەی زیانی

إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَءَاتَيۡنَٰهُ مِن كُلِّ شَيۡءٖ سَبَبٗا ﴿٨٤﴾ فَأَتۡبَعَ سَبَبًا
﴿٨٥﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغۡرِبَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَغۡرُبُ فِي عَيۡنٍ حَمِئَةٖ
وَوَجَدَ عِندَهَا قَوۡمٗاۗ قُلۡنَا يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ
فِيهِمۡ حُسۡنٗا ﴿٨٦﴾ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوۡفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ
فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا نُّكۡرٗا ﴿٨٧﴾ وَأَمَّا مَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَهُۥ جَزَآءً
ٱلۡحُسۡنَىٰۖ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنۡ أَمۡرِنَا يُسۡرٗا ﴿٨٨﴾ ثُمَّ أَتۡبَعَ سَبَبًا ﴿٨٩﴾ حَتَّىٰٓ
إِذَا بَلَغَ مَطۡلِعَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَطۡلُعُ عَلَىٰ قَوۡمٖ لَّمۡ نَجۡعَل لَّهُم مِّن
دُونِهَا سِتۡرٗا ﴿٩٠﴾ كَذَٰلِكَۖ وَقَدۡ أَحَطۡنَا بِمَا لَدَيۡهِ خُبۡرٗا ﴿٩١﴾ ثُمَّ أَتۡبَعَ
سَبَبًا ﴿٩٢﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيۡنَ ٱلسَّدَّيۡنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوۡمٗا
لَّا يَكَادُونَ يَفۡقَهُونَ قَوۡلٗا ﴿٩٣﴾ قَالُواْ يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِنَّ يَأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ
مُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَهَلۡ نَجۡعَلُ لَكَ خَرۡجًا عَلَىٰٓ أَن تَجۡعَلَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَهُمۡ
سَدّٗا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيۡرٞ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجۡعَلۡ بَيۡنَكُمۡ
وَبَيۡنَهُمۡ رَدۡمًا ﴿٩٥﴾ ءَاتُونِي زُبَرَ ٱلۡحَدِيدِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيۡنَ ٱلصَّدَفَيۡنِ
قَالَ ٱنفُخُواْۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارٗا قَالَ ءَاتُونِيٓ أُفۡرِغۡ عَلَيۡهِ قِطۡرٗا
﴿٩٦﴾ فَمَا ٱسۡطَٰعُوٓاْ أَن يَظۡهَرُوهُ وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقۡبٗا ﴿٩٧﴾

حەیوانەکانەوە هەریەکەیان بڕیارێکیان هەبوو لەو مەسئەلەداو خودا بڕیاری سلێمانی پەسەند کردو دەفەرموێ: ﴿وَكُلًّا ءَاتَيۡنَا حُكۡمٗا وَعِلۡمٗا﴾ الأنبياء: ٧٩ واتە: ئێمە بە هەر دووکیان حوکم وعیلممان پێدابون﴿فَفَهَّمۡنَٰهَا﴾ بەڵام سولەیمانمان بەباشی لەو مەسئەلەیە تێگەیاند. واتە: هەردوو وەسف دەکات بە چاکی بڕیارو زانیاری، بەڵام بڕیاری سلێمان بە شیپاوو چاکتر دادەنێت. ئینجا خوای زاناو کاربەجێ داستانێکی ترمان بۆ باس ئەکاتو ئەفەرموێ:

(٨٣) لە بارەی "زولقەرنەین"ـەوە پرسیارت لێ دەکرێت بڵێ: وا من لەوبارەوە باسێکتان بۆ ئەخوێنمەوە کە پەندو ئامۆژگری بێت بۆتان.(ﷲ) ئەفەرموێ:

(٨٤) ئێمە ئەومان سەقامگیر کرد بوو لەسەر زەویداو پلەو پایەمان پێدا بوو، وە هەر شتێك کە پێویستی ئەو بوو لەو سەردەمەدا ئێمە هۆکانیمان پێدا بوو، واتە: ئەی توانی هەرشتێکی پێویست بێ بیکات چونکە هەم سەروەتو سامان هەم سەربازی بێ ژمارەیان هەبو،

(٨٥) جا هەروەك هۆکانمان پێدا بوو ئەویش بەجوانیو بە رێك پێکی دوای هۆکارو سەبەبەکان دەکەوتو بە چاکی بەکاری دەهینا جا بەرەو رۆژئاوا چوو وڵاتانی خستەژێر دەسەڵاتی خۆی

(٨٦) تا گەیشتە ئەو جێگایەی خۆری تێدا ئاوا دەبێت لەبەر چاوی وادیار بو کە خۆر ئاوادەبێو دەچێتە ناو چاوگەیەکی رەشی گەرمەوە واتە ئەوندە بەرەو رۆژئاوا رۆیشت تا ئیتر وشکای لەبەردەمی دا نەماو گەیشتە دەریاوخۆر لەبەرچاوی کەنزیك ئاوابونی بو کەتومتەناو ئەودەریاوە، جا لەوێ خەڵکێکی دی کە موشریك وبت پەرست بون، گوتمان: ئەی زولقەرنەین یان تۆڵەی خراپەو بت پەرستیەکانیان لێ وەرگرەو بیان کوژە یان بەشێوەیکی جوان رەفتاریان لەگەڵدا بکەو ئامۆژگاریان بکە،

(٨٧) جا زولقەرنەین وەڵامی دایەوەو وتی: ئەوانەی کەهاوبەش وشیرك بۆ خوا دابنێن بەم زووانە دەی کوژین لە پاشان ئەگەڕێتەوە بۆلای پەروەردگاری خۆی لەوێ سزای ئەدات بەسزا دانێکی سەختو ناشیرینو بێزراو چونکە بت پەرست بووە.

(٨٨) وە ئەوەیش کە باوەڕی هێناوەو کردەوەی چاکی کردوە بۆ ئەو هەیە پاداشتێکی چاکتر لە ئیشەکانی خۆی کە بەهەشتە، وە لەمەولا ئێمەش فەرمانەکانی خۆمانی بۆئاسان دەکەین لە دنیادا،خواش ئیشەکانی بۆ ئاسان ئەکاتو خۆشەویستی ئەخاتە ناو دڵیەوەو ماندوو بوون نازانیێو لەرۆژی قیامەتیشدا هەرچی داوابکات خوا بۆی ئاسان ئەکاتو ئەیخاتە دەستیەوە، ئینجا زولقەرنەین ویستی بەرەو رۆژهەڵات بڕوات.

(٨٩) لە پاشان هۆکانی سەفەری بەکار هێناو رۆیشت.

(٩٠) تا گەیشتە ئەو شوێنەی رۆژی لێ هەڵ ئەهات لە وێش تەماشای کرد خۆر لەسەر گەلێك هەڵدێت کە ئەو گە لە جگە لەو خۆرە هیچی تریان نییە کە خۆیانی پێ داپۆشن،

(٩١) هەر چۆنێ کە هێزو ئەسبابمان پێدابو هەر ئاوەهاش ئێمە بە تەواوی ئاگامان بو لە هەمو ئەو شتانەی کەلەلای زولقەرنەیندا بوون.

قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُ دَكَّاءَ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي
حَقًّا ﴿٩٨﴾ وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِي بَعْضٍ وَنُفِخَ فِي الصُّورِ
فَجَمَعْنَاهُمْ جَمْعًا ﴿٩٩﴾ وَعَرَضْنَا جَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لِّلْكَافِرِينَ عَرْضًا ﴿١٠٠﴾
الَّذِينَ كَانَتْ أَعْيُنُهُمْ فِي غِطَاءٍ عَن ذِكْرِي وَكَانُوا لَا يَسْتَطِيعُونَ
سَمْعًا ﴿١٠١﴾ أَفَحَسِبَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن يَتَّخِذُوا عِبَادِي مِن دُونِي
أَوْلِيَاءَ إِنَّا أَعْتَدْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ نُزُلًا ﴿١٠٢﴾ قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِالْأَخْسَرِينَ
أَعْمَالًا ﴿١٠٣﴾ الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ
يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴿١٠٤﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ
فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا ﴿١٠٥﴾ ذَٰلِكَ جَزَاؤُهُمْ
جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُوا وَاتَّخَذُوا آيَاتِي وَرُسُلِي هُزُوًا ﴿١٠٦﴾ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا
وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلًا ﴿١٠٧﴾ خَالِدِينَ
فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا ﴿١٠٨﴾ قُل لَّوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَاتِ رَبِّي
لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا ﴿١٠٩﴾ قُلْ
إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَمَن كَانَ يَرْجُو
لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا ﴿١١٠﴾

﴿٩٢﴾ پاش ئەمەش دیسان هۆكانی كاروانو سەفەری بەكار هێنا بۆرۆیشتن،

﴿٩٣﴾ جا رۆیشت هەتا گەیشتە نێوان دوو چیا، لە نزیكی ئەو دوو چیایەدا گەلێكی دی كە نزیك بوو كە لە قسەیان تێ نەگەن ئەوان هاتنە لای زولقەرنەینو پەروەردگار هۆكارەكانی وا بۆ رەخساند بوو كە بتوانێت لێیان تێبگات، جا ئەوانیش كاتێ كە هێزو دەسەڵاتی زولقەرنەینیان دی شكاتی بارودۆخی نالەباری ئەوناوچەی خۆیان بردە لای،

﴿٩٤﴾ وتیان: ئەی زولقەرنەین بەراستی یاجوج وماجوج كە دوو تیرەبوون هەر خەریكی خراپەو خراپە كارینو بوون بە هۆی ئاژاوەو دەردەسەری بۆمان لەم ناوچەیەدا ئایا بە پارەو ماڵ یارمەتیەكی تۆ نەدەین بۆ ئەوەی كە لە نێوان ئێمەو ئەواندا بەربەستێك دروست بكەیت؟ بۆ ئەوەی ئیتر ئەوان نەتوانن بێنە ئەم ناوچەیەو ئێمەش لە شەڕیان رزگار ببین؟ زولقەرنەین كاتێك دی داواكارییەكەیان بەجێیە خۆی بەرپرس زانی كە رێگە لەو خراپەكارانە بگرێ.

﴿٩٥﴾ وتی من پێویستم بە پارەو ماڵی ئێوە نییە، چونكە ئەوەی كە پەروەردگارم بە منی داوەو خستویەتیە ژێر دەستمەوە زۆر چاكتروزۆرترە لەوەی كە ئێوە دەتانەوێ یارمەتی منی پێبدەن بەڵام خۆتان بە كارو ئیشكردن یارمەتیم بدەن من لە نێوان ئێوەو ئەواندا بەربەستێك دروست دەكەم، دیارە ئەوانیش رازی بوون.

﴿٩٦﴾ جا زولقەرنەین وتی ئادەی پارچە ئاسنم بۆ بهێنن ئەوانیش لە هەمو لایەكەوە پارچە ئاسنیان بۆ هێنا وەك خشت لەسەر یەكیان دانا هەتا بەرز بوویەوەو یەكسان بو لەگەڵ هەردوو چیاكاندا، جا دەڵێن رەژوی(خەڵوز) دانا لەنێوان ئاسنەكانداو پاشان وتی: ئادەی بیدەمێنن، ئەوانیش دەماندیانو هەمو رژوەكە بو بەپشكۆو ئاسنەكان سور بوونەوە تا وای لێ هات وەك یەك ئاگری گەورە، جا لەو كاتەدا وتی: مزی تواوەو قورقوشمم بۆ بهێنن تا بیرژێنم بەسەری ئەو پارچە ئاسنانەی كە نزیكە ئەوانیش بتوێنەوە جا ئەوانیش بۆیان هێناو ئەویش كردی بەسەریداو بوو بەیەك پارچە ئاسنی بەهێزو بەرزو ساف.

﴿٩٧﴾ كە ئیتر ئەوان نەیانتوانی سەركەون بەسەر ئەو بەربەستەداو نەیشیان توانی كونی بكەنو ئەو گەلەیش كە یارمەتی زولقەرنەینیان دا رزگاربوون لە شەڕیان، جا لێرەدا زولقەرنەین لە خۆی بای نەبوو، وە خۆی هەڵنەكێشا بەسەر ئەو خەڵكە فەقیرەدا بەڵكو سوپاسی خوای كردو.

﴿٩٨﴾ وتی: ئا ئەمە سۆزو رەحمەتێكە لەلایەن پەروەردگارمەوە كە لەگەڵ ئێوەیداكرد تا لە شەڕی ئەو خراپەكارانە رزگاربین، وە ئەوەش بزانن كە ئەم بەربەستە كاتیەو جا هەر كاتێ بەڵێنی پەروەردگارم هات خوا ئەو بەربەستە لەناو دەباتو لەگەڵ زەویدا رێكی دەكات، وە بەراستی بەڵێنی خوای من حەقەو دێتە دیو رۆژێك لە رۆژان ئەو بەربەستو سەدە نامێنێت. زەینەبی كچی جەحش كە خێزانی پێغەمبەرەﷺ وتی: جارێك پێغەمبەرﷺهاتەماڵەوە لەحاڵێكدا ترس بەسەرو سیمایدا دیار بوو، جا لەو كاتەدا پێغەمبەرﷺفەرموی:{ لَا إِلَهَ إِلَّا

اللَّهُ وَيْلٌ لِلْعَرَبِ مِنْ شَرٍّ قَدْ اقْتَرَبَ فُتِحَ الْيَوْمَ مِنْ رَدْمِ يَأْجُوجَ وَمأْجُوجَ مِثْلُ هَذَا وَحَلَّقَ بِإِصْبَعِهِ السَّبَابَة وَبِالَّتِي تَلِيهَا فَقَالَتْ زَيْنَبُ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنَهْلِكُ وَفِينَا الصَّالِحُونَ قَالَ نَعَمْ إِذَا كَثُرَ الْخَبَثُ. /متفق عليه/ واتە: لا اله الا الله، وای بۆ عەرەب لەو خراپەو کارەساتە گەورەیەی کە نزیك بووەتەوە ئەمڕۆ لە بەربەستەکەی یاجوجو ماجوج بەم ئەنازەیە کراوەتەوەو بە پەنجە بەرانەو پەنجەی شەهادەی حەڵقەیەکی دروست کرد.زەینەب دەڵێت وتم:ئەی پێغەمبەرﷺئایا دەگونجێ لە ناوبچین لە حاڵێکدا پیاو چاکانمان تێدایە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی: بەڵێ، کاتێك زینا زۆر بوو}.

بەڵێ زولقەرنەین ئەو بەربەستەی دروست کردو یاجوج ماجووجیش لەو دیوی بەربەستەکەمانەوە،وەك خوا ئەفەرموێ:

(٩٩) جا ئێمە بڕیاری مانەوەی ئەوانماندا کە لەو دیوی بەربەستەکەوە بۆخۆیان وەك شەپۆلی دەریا بەناویەکدا بێنو بڕۆنو تەنها زیانیان بۆ خۆیان ببێت هەتا کاتی دیاری کراویان، جا کاتێك کە ئەو بەربەستە لەناو دەچێت بەسەر ئەم زەوییەدا بڵاو دەبنەوە کە ئەوەش کاتی نزیك بوونەوەی قیامەتە. وە فوو دەکرێت بە سووردا، جا ئەو کاتە ئێمە هەمویان کۆ دەکەینەوە بۆ لێکۆڵینەوەو پاداشت و سزاو کەسیش لەم زیندو کردنەوەو ئامادە کردنەدا جیا ناکرێتەوە، چاكو خراپ گەورەو بچوك پیاو ئافرەت مرۆڤ وجنۆکە هەمویان لەمەیدانی مەحشەردا کۆدەکرێنەوە.

(١٠٠) جا لەو رۆژەدا ئێمە دۆزەخ پیشانی کافران دەدەین کە بە چاوی خۆیان بیبین

(١٠١) ئەوانەی کە لە ئاستی یادی مندا چاویان لە پەردەدا بوو ئەو هەمو بەڵگەو شوێنەوارانەی کە تەنهاییو دەسەڵاتی منی دەسەلماند نەیاندەبینی و نەیان دەتوانی کەحەقو راستی ببیسن. پاشان پەروەردگار دەمکوتی ئەو کافرانە دەکات کە پێیان وایە کە ئەگەر پێغەمبەرانێکی وەکو عیساو عوزەیرو پیاوچاکانی تریان خۆش بویەتو لە جیاتی پەروەردگار بەنداتەتیان بۆ بکەن ئیتر ئەوە بەسە بۆیانو لە دوارۆژیشدا لە ئاگری دۆزەخ رزگاریان دەکەن دەفەرموێ:

(١٠٢) ئایا ئەوانەی کەوا کافرن واگومان دەکەن کە ئەگەر لە باتی من دا بەندەکانم بکەن بە دۆست بۆ خۆیان ئیشێکی باشیان کردوەو ئێمە سزایان نادەین؟ نەخێر وا نییە بەراستی ئێمە دۆزەخمان بۆ کافران ئامادە کردوە بۆ شوێنی میوانداریو پێش وازی لێ کردنیان

(١٠٣) ئەی محمدﷺپێیان بڵێ: ئایا خەبەرتان بدەینێ کە کێیە کە لە ئیشەکانی دا لە هەمو کەس زیاتر زیانی کردوە؟

(١٠٤) ئەو کەسانەن کە کارو کۆششیان لە ژیانی دونیادا بە شێوەیەکی نارەواو دژی شەریعەتی (ﷲ) بوەو خۆیان واگومان دەکەن کە بێگومان هەر ئەوانن کە کردەوی جوانو چاك دەکەن کە مایەی رەزامەندی خواو خەڵکەو لە پاشەرۆژیشدا کەڵکی لێوەردەگرن. جا ئەمانە رنجەڕۆ ترین کەسن چونکە لە دنیادا خۆیان خەریك دەکەن بەو کردارانەوە کە پێیان وایە چاکەو لە دوارۆژیشدا پاداشتیان لەسەر وەردەگرنەوە بەڵام لە دوارۆژدا ئەو کردارانەیان لێ وەرناگیرێتو بەرەو ئاگری دۆزەخ دەبرێن ، واتە: ئەوانە رەنجەڕۆترین کەسن لە دوارۆژدا. جا کێن ئەوانەی کە ئاوا رەنجەرۆن؟

(١٠٥) ئەوانە کەسانێکن کە بێ باوەڕ بوون بەئایەتەکانی پەروەردگاری خۆیانو باوەڕیان بەگەیشتنو دیداری ئەو زاتە نەبوو، جا پەروەردگارش بەهۆی ئەو بێباوەڕیەوە کردەوە چاکەکانیانی لێ هەڵوەشاندونەتەوە، جا لەرۆژی قیامەتیشدا هیچ نرخێکیان بۆ دانانرێت وەهیچ حسابێکیان بۆ ناکرێت، پێغەمبەرﷺدەفەرموێت: (إِنَّهُ لَيَأْتِي الرَّجُلُ الْعَظِيمُ السَّمِينُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا يَزِنُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ وَقَالَ :اقْرَءُوا ﴿ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَزْنًا ﴾ /متفق عليه/ بەراستی پیاوی گەورەی قەڵەوی وادێت لە رۆژی قیامەتا کە لە لای ﷲ بەئەندازەی باڵە مێشولەیەك نرخی نییە، وە فەرموی: ئەگەر ئارەزۆوتان لێ هەیە با ئەم ئایەتە بخوێننەوەو وەسەیری ماناکەی بکەن (لە رۆژی قیامەتا هیچ نرخێکیان بۆ دانانێین). جا سەرەرای ئەوە کە کردەوەکانیان کە

خۆیان بە چاکیان دەزانی لێیان وەرناگیرێت ، بەڵکو پاداشتیان پێدەدرێتەوە بەڵام چ پاداشتێك؟

١٠٦ بەهۆی ئەوە کە کافر بوونو گاڵتەیان بە ئایەتەکانی من وپێغەمبەرکانی من کردوە لە دنیادا،پاداشتی ئەوان دۆزەخە. جا گاڵتەکردنو بێ باوەڕی هەرئەوەنیە کە بەدەم بوترێت بەڵکو بابەدەمیش هاواری خۆشەویستی خواو ئایین بکاتو خۆی بە مسڵمان دابنێ بەڵام کاتێك بەکردارو هەڵس وکەوت دژی خواو ئایین بوو کافر دەبێو بەگاڵتە کەر بەنیشانەکانی خواو پێغەمبەرەکەیﷺ دادەنرێت لەلایەن خواوە، ئەوەبو مونافیقەکان دەیان وت ﴿ نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ ﴾ شایەتی ئەدەین کە بێشك تۆ پێغەمبەری خوایت، خوایش فەرموی ﴿ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ﴾ المنافقون: ١ خوا شایەتی دەدات کە ئەو منافقانە درۆدەکەن، جا لەپاشاندا دەفەرموێ:

١٠٧ بەراستی ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە باخچەکانی فیردەوس کە بەرزترین شوێنی بەهەشتە جێگەی میوانداری ئەوان دەبێو لەو جێگەدا پشوو دەدەنو پێشوازیو میوانداریان لێ دەکرێت.

١٠٨ بۆ هەمیشەیش لەوێدا دەمێننەوەو ئەوەندە خۆشو دلگیرە لایان هەرگیز نایانەوێ لەوشوێنەدا دەربچنو بەرەو لایەکی تر بڕۆنو بارودۆخیان بگۆڕن. ئەمە شێوەی میوانداری لێ کردنی باوەڕدارانی راستە، وە لە پێشیشەوە جێگای میوانداری بێ باوەڕانت زانی، دەی مرۆڤی ژیرو دوربین دەبێ کامیان هەڵبژێری؟ ئاگری سوتێنەری دۆزەخ یان باخچەکانی فیردەوس کە پێغەمبەرﷺلە وەسفی دا دەفەرموێ:{ فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللَّهَ فَاسْأَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ فَإِنَّهُ أَوْسَطُ الْجَنَّةِ وَأَعْلَى الْجَنَّةِ أُرَاهُ فَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ وَمِنْهُ تَفَجَّرُ أَنْهَارُ الْجَنَّةِ /البخاري/ واتە: هەر کاتێ داوای بەهەشتتان کرد لە (ﷲ) داوای فیردەوس بکەن چونکە بێگومان ئەوە چاکترین جێگای بەهەشتەو بەرزترین شوێنێتیو وام پیشاندراوە کە عەرشی رەحمان لەسەر ئەوەیەو لەوێوە روبارەکانی ناو بەهەشت دێن}. ئینجا خوای گەورە باسی زۆری وفرەوانی فەرمودەکانی خۆی دەکاتو وەدەفەرموێ:

١٠٩ ئەی محمدﷺپێیان بڵێ :ئەگەر ئەم دەریایە هەموی مورەکەب بێت بۆ نوسینی وشەکانی پەروەردگارم دەریا هەموی دوای دێت پێش ئەوەی کەوشەکانی پەروەردگام دوای بێت، ئەگەر چی بەئەندازەی ئەو دەریایەش دیسان دەریای تر مورەکەب بهێنین بۆ نوسینی وشەکانی پەروەردگار ئەویش دوای دێت هێشتا هەروشەکانی پەروەردگار دەمێنێ، بەڵی ئەمە بۆ تێگەیاندنی ئێمەیە ئەگینا دەریاکان دورستکراوێکن وەك هەمو دروست کراوەکانی ترو تەواو بوونیان هەیە، بەڵام فرمانەکانی پەروەردگار هەروەك وەسفەکانی تری بێ بڕاوەو بێوێنەن. پاشان ﷲ فرمان دەدات بە پێغەمبەرەکەی کە

١١٠ ئەی محمدﷺ پێان بڵێ : بێگومان من هەر مرۆڤێکم وەك ئێوە نە کە وەحی دەکرێتە لام کە خوای ئێوە خوایەکی تەنهایەو هاوبەشی نیە. خۆ نەدەم لە خوایەتی دەکوتم نە فریشتەم نە غەیب دەزانم جا ئەگەر پێغەمبەر نیم دەیچۆن ئەو شتانە دەزانم؟ جا ئەوکەسەی کە ئومێدی هەیە بگات بەپەروەردگاری خۆیو باوەڕی بە دوارۆژ هەیەو بەو هیوایە ئیش دەکات با ئیشی چاك بکاتو لەبەندایەتی پەروەردگاری خۆیدا هیچ هاوبەشێکی بۆ دانەنێتو جگە لە رزامەندی ئەو زاتە مەبەستی کەسێکی تر نەبێت. جا هەروەك لە پێشەوە باس کرا کردەوەی چاك ئەوەنیە کە خاوەنەکەی بە چاکی بزانێت بەڵکو کردەوەی چاك ئەوەیە کە ئەم دوومەرجە کە لەم ئایەتەدا هاتووە تێیدا بێت یەکەم ئەو کردەوە بەو شێوە ئەنجام بدرێت کەلە شەرعدا هاتووە چونکە پێغەمبەرمانﷺ فەرمویەتی: { مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ/متفق عليه/ واتە: هەرکەسێك ئیشێك بکات کە فرمانی ئێمەی لە سەر نەبێت ئەو کردەوەیە لێی وەرناگیرێتو دەدرێتەوە بە کۆڵیا}

دووهەم مەرجیش ئەوەیە کە: لەو کردەوەیەدا تەنها مەبەستی ﷲ بێتو کەسی تێدا نەکات بەهاوبەش. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: { قَالَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنْ الشِّرْكِ مَنْ عَمِلَ عَمَلًا أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ /مسلم وغيره/ ﷲ کە زۆر بەرزو گەورەیە دەفەرموێ: من بێ نیازترینی هەموو هاوبەشانم لەوەی کە بکرێم

بەهاوبەش لەگەڵ کەسدا، جا هەرکەسێك کردەوەیەك بکاتو لەئەو کردەوەدا کەسێکی تر بکات بە هاوبەشی من، ئەوە من ئەو کردەوەیەی لێ وەرناگرمو وازی لێدەهێنم بۆ ئەو کەسەی کە کراوە بە هاوبەشی من. واتە: پەروەردگار تەنها کردەوە شەرعییەك وەردەگرێت کە تەنها مەبەست لەو رەزامەندی ئەو زاتە بێت.

جا بۆیە یەکێك لە دوعاکانی ئیمامی عومەر ئەوەبو کە دەی وت: (اللّهم اجْعَلْ عَمَلَى كُلَّهُ صَالِحاً واجْعَلْهُ لِوَجْهِكَ خَالِصاً وَلا تَجْعَل لِأَحَدٍ فيه شَيْئاً/ ئەی خودایە هەموکردارەکانم بۆ چاك بکەو هەموی پاڵفتەکەرەوە بۆ خۆتو بەشی هیچ کەسێکی تێدا مەهێڵە}.

١٩ سورەتی مریەم ٩٨

سورەتی مریەم کە سورەتی نۆزدەهەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، نەوەدو هەشت ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی چلو چوارەمەو پاش سورەتی (فاطر) و پێش (طه) دابەزیوە، لە قورئاندا سیو چوار جار ناوی خاتون مریم هاتووە، کە سێ جاری لەم سورەتەدایە، وە ئەم سورەتەش بەناوی ئەم ئافرەتە پاك داوێنە دەناسرێت، چەند ئایەتێکی سەرەتای ئەم سورەتە یەکێك بو لەو هۆ گرنگو کاریگەرانەی کە کاری کردە سەر پاشای حەبەشە، کاتێ کە جەعفەری ئامۆزای پێغەمبەرﷺباسەکەی عیساو مریەمی بۆ خوێندەوە، جا ئەوە بوو وتی: ئەمەو ئەوەی کە موسا هێناویەتی لەیەك سەرچاوەوە هەڵقوڵاون، جا خۆزگە پیاوانی گەورەو ناودارانی ئەمرۆش هەمویان وەك ئەو پاشایە ژیرو زانا بوونایەو خۆشبەختی خۆیان وگەلو وڵاتیان بەدەست بهێنایەو هەم دنیایان بخواردایەو هەم قیامەتیش.

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) کاف، ها، یا، عین، صاد، هەر خوا خۆی مەبەستی ئەم پیتانە دەزانێت، ئینجا (اللّٰه) داستانی زەکەریاو یەحیای کوڕیمان بە کورتی بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٢) ئەمە باسی رەحمەتی پەروەردگاری تۆیە لەگەڵ بەندەی خۆیدا کە زەکەریایە کە پڕ لە پەندو ئامۆژگاری بۆ باوەڕدارن، ناوی زەکەریای پێغەمبەر حەوت جار لە

١٩ سُورَةُ مَرْيَمَ ٩٨

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
كٓهيعٓصٓ (١) ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُۥ زَكَرِيَّآ (٢)
إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيًّا (٣) قَالَ رَبِّ إِنِّى وَهَنَ ٱلْعَظْمُ
مِنِّى وَٱشْتَعَلَ ٱلرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنۢ بِدُعَآئِكَ رَبِّ
شَقِيًّا (٤) وَإِنِّى خِفْتُ ٱلْمَوَٰلِىَ مِن وَرَآءِى وَكَانَتِ
ٱمْرَأَتِى عَاقِرًا فَهَبْ لِى مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا (٥) يَرِثُنِى وَيَرِثُ
مِنْ ءَالِ يَعْقُوبَ ۖ وَٱجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا (٦) يَٰزَكَرِيَّآ
إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَٰمٍ ٱسْمُهُۥ يَحْيَىٰ لَمْ نَجْعَل لَّهُۥ مِن قَبْلُ سَمِيًّا
(٧) قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِى غُلَٰمٌ وَكَانَتِ ٱمْرَأَتِى
عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ ٱلْكِبَرِ عِتِيًّا (٨) قَالَ كَذَٰلِكَ
قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَىَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِن قَبْلُ وَلَمْ تَكُ
شَيْـًٔا (٩) قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّىٓ ءَايَةً ۚ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا
تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَ لَيَالٍ سَوِيًّا (١٠) فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ
مِنَ ٱلْمِحْرَابِ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا۟ بُكْرَةً وَعَشِيًّا (١١)

قورئان لە سورەتی ئالی عیمرانو ئەنعام و ئەنبیاو ئەم سورەتەدا هاتوە،

(٣) کاتێ کە بە شێوەیەکی نهێنی هاواری کردە لای پەروەردگاری. بەڵێ ئەم باسە لە سورەتی ئالی عیمراندا هاتوە کە کاتێ زەکەریا مەریەمی دەدی کە چۆن پەروەردگار لەو تەمەنە کەمەی دا رێزی لێگرێتوەو ئەو میوەو رزقە تایبەتیانەی بۆ ناردوە، ئەویش دڵی گەرم بو بۆ پیری خۆیو خێزانیو نەبونی منداڵێك کە لە پاش خۆی جێنشینی بێ، جا لە تاریکای شەودا کە کاتی وەرگیرانی دوعاو پاڕانەوەیەو تا لۆمەیش نەکرێت کە چۆن پیاوێك لەم ئاخرەی تەمەنیدا داوا لە پەروەردگار دەکات کە منداڵی پێ بدات بە نهێنیو بە بێ ئەوەی کە کەسێك ئاگای لێ بێت، دەستی کرد بە پاڕانەوەو هاواری کردە لای پەروەردگاریو شکاتی بارودۆخی خۆیو خێزانەکەی بە پەروەردگای راگەیاند،

(٤) وتی: ئەی پەروەردگارم بەراستی ئێسقانم هەموی لاواز بوەو سەرم هەموی سپی کردوەو دەزانم بە شێوەی

سروشتی تازە منداڵمان نابێ، بەڵام تۆ توانات هەیە کە ئەو نیعمەتەم پێ ببەخشیت، وە ئەی پەروەردگارم چەندێ کە هاوارم لێکردویت بە دەستی خاڵی نەگەڕاومەتەوەو نائومێدت نەکردوم، جا ئەم جارەش نائومێدم مەکەو لەرەحمەتی خۆت بێ بەشم مەکەیت.

(٥) جا بە راستی من ترساوم لەوەی کەوا خزمەکانم لە دوای خۆم روو بکەنە خراپەو تاوانو کەس نەبێ ئامۆژگاریان بکاتو ئەوانەش کە لە دوای من دەبن بە سەرپەرستو چاوساغیان بەرەو دینو چاکەکاری نەیانبەن، وە ژنەکەم نەزۆکەو منداڵی نابێت، جا ئەی خوایە لە لایەن خۆتەوە کەسێکم پێ بدە کە جێگام بگرێتەوەو ببێ بە پێغەمبەرو سەرپەرستی گەلەکەم بکات.

(٦) لە خۆمو ئالی یەعقوب پێغەمبەرایەتیو عیلم بە ئیرس بباتو ئەرکی رێنمای گەلەکەم بگرێتە ئەستۆو وایشی لێ بکەی کە بەشێوەیەك رەفتار بکات کە تۆ لێی رازی بیو ئەوەندە نیعمەتی پێ بدە کە ئەویش رازی بێتو لەناو چاکەکاراندا خۆشەویستی بکەیت. یەعقوب بۆ مەبەستێکی دنیایی رووت داوای منداڵ ناکات، بەڵکو ئەوکەسێك شك نابات کە لە دوای خۆی دڵسوزی گەلەکەی بێتو رێگای راستیان پیشان دات، بۆیە داوا دەکات لە پەروەردگاری کە چۆن دوعاکانی پێشوی لێ وەرگرتوە ئاوەهاش ئەم دوعاییەی لێ وەرگرێتو کوڕێکی چاکەکاری وای پێ بدات کە لە دوای خۆی بمێنێتەوەو رێنمونیکەرێك بێت بۆ گەلەکەیو خۆشەویستی لای (الله)و بەندە چاکەکانیشی بێت، جا پەوەردگار نزاکەی وەرگرتو فریشتەی ناردە لای زەکەریاو مژدەی کوڕێکی پێدا پێی وت:

(٧) ئەی زەکەریا ئێمە موژدەت پێ ئەدەین بە کوڕێك کە ناوی ئەو کوڕە "یحیا"یە لە پێش ئەمەوە ئێمە ئاوەها ناوێکمان بۆ کەس دانەناوە یان پێش تر وێنەی کوڕی ئاوا خۆگرو خواناسمان بەدی نەهێناوە. ناوی یەحیا پێنج جار لە قورئاندا هاتووە کە دووجاری لەم سورەتەدایە، وشەی (سَمِيًّا) دەگونجێ بەمانای هاوناو یان هاوشێوەبێت والله اعلم. جا زەکەریا کە ئەم موژدەیەی بیست زۆری بەلاوە سەیر بوو،

(٨) لەبەر ئەوە وتی: ئەی پەروەردگارم من چۆن دەبێت کوڕم ببێت لە حاڵێکدا کە خێزانم نەزۆکەو منداڵی نابێت وە منیش لە پیریدا بەو پەڕی گەیشتوم، وتراوە خێزانی زەکریا خوشکی مریەم بوە جا هەر بۆیە پێغەمبەرمان لە فەرمودەی ئیسراومیعراجدا بە {إبنيّ الخالة / البيهقي، صححه الالباني/ واتە، دوو پورزاکان. ناویان دەبات}

(٩) فریشتەی مەئمور وتی: هەر ئاوایە (الله)ی خاوەن هێزو دەسەڵات کوڕتان پێ ئەداو پەوەردگاریشت دەفەرموێ: ئەوە لای من زۆر ئاسانە خۆ ئێمە تۆمان پێش تر دروستکردوە لە حاڵێکدا کە تۆ هەر هیچ نەبویت واتە ئێوە کە پێش تر هیچ نەبوون کردنی بەم زەلامە دەی ئایا ئیستا کە ئێوە پیر بوون ناتوانێت واتان لێ بکات کە منداڵتان هەبێت؟ ئەوە لای پەروردگار زورئاسانە. ئینجا زەکەریا ئەوەندە پێ خۆشحاڵبو بوو زۆری پێخۆشبو کە بزانێت کەی ئەو منداڵەیان دەبێت بۆ ئەوەی کە دڵی بەتەوای وەقرە بگرێتو لە دوای گەیشتن بە "علم اليقين"، "عين اليقين"یشی دەست کەوێت لەبەر ئەوە داوای کرد لە (الله)،

(١٠) وتی: ئەی پەروەردگارم نیشانەیەکم پیشان بدە، (الله) فەرموی: نیشانەکەت ئەمەیە کە تۆ ناتوانیت سێ شەو قسە بکەی. لە سورەتی ئالی عمران دا دەفەرموێ: سێ رۆژ، کەوابو سێ شەووسێ رۆژ تۆ ناتوانی قسەی عادی بکەی، وە ئەمە وانیە کە بە هۆی نەخۆشی یان لاڵی بێت، بەڵکو تۆ ساغیتو دەتوانی یادو زیکری (الله) بکەیت، تەنها ناتوانی لەگەل خەڵك دا قسە بکەی ئەمەیش هەرخۆی لە خۆیدا موعجیزەیەکی گەورەیە کە زمانی تەواو بێ بۆ زیکر، بەڵام نەتوانێ قسە بکات، جا زۆری نەبرد.

(١١) جا لە جێگای نوێژەوە هاتە ناو گەلەکەیو ویستی قسە بکات تەماشای کرد قسەی بۆناکرێت، ئەوسا پاش دڵنیا بون هێمای بۆ کردنو بەئیشارەت تێی گەیاندن کە

بەیانیان‌و ئێواران تەسبیحات‌و یادی (ﷲ) بکەن، کە (ﷲ)خەڵاتێکی گەورەی پێداون جا ئیتر زەکەریا یەقینی پەیدا کرد کە خوا بەم زوانە ئەوکورەی پێ دەدا، بەڵێ پەوەردگاری زاناو بەتوانا بەو پیاوو ئافرەتە پیرە لەو تەمەنەدا ئەو کورەی پێدان‌و کردی بە پێغەمبەرو نیگای کردە لای‌و فەرمووی:

(١٢) ئەی یەحیا ئەو کتێبە بەهەموو هێزەوە بگرەو بە باشی لێی تێ بگەو فرمانەکانمان بە چاکی ئەنجام بدە، وە یاساو بەرنامەی خۆمانمان پێداو کردمان بە پێغەمبەر لە حاڵێکدا کە ئەو هێشتا منداڵ بوو.

(١٣) جا سۆزو میهرەبانیمان پێبەخشی تا ئیش‌و کاری بۆ ئاسان بکرێت‌و خۆشەویستی گەلەکەی بێت‌و پاکی لەهەمو رەوشتێکی نارێکیشمان پێدا، وە ئەو مرۆڤێك بوو کە لەهەر شتێك کە پێچەوانەی بەرنامەی (ﷲ) بووایە خۆی دور دەگرت‌و فرمانەکانی بەچاکی جێبەجێ دەکرد.

(١٤) جا وامان لێ کرد کە چاك بێت لەگەڵ دایك‌و باوکی دا، وە ئەو ملهورو تاوانکار نەبوو، واتە: حەقی خواو ماڤی بەندەکانی خوای بەتایبەت دایك‌و باوکی بەچاکی جێبەجێ دەکرد، ئینجا پەروەردگار ئەو منداڵە بەرێزە کە دروستکراوو پەروەردەکراوی خۆیەتی بەم شێوەیە ئەیلاوێنێتەوەو دەفەرموێ:

(١٥) جا سەلامی لێ بێ لەو رۆژەی کە لە دایك بووەو لە ئەو رۆژەی کە ئەمرێت، وە لە ئەو رۆژەی کەزیندو دەکرێتەوە، واتە: لە هەمو کاتێك لەدنیاو دوارۆژ دا یەحیای پێغەمبەر بە سەلامی پەروەدگاری گوڵباران دەکرێت‌و رێزی لێ دەگیرێت، سەلامێك کە دەبێ بە هۆی سالم بوون لە شەری شەیتانەکان‌و سزاو سەختیەکانی دوارۆژیش. ئینجا لە دوای ئەوەی کە (ﷲ) باسی چۆنیەتی لە دایك بونی یەحیای بۆ کردین دەچێتە سەر باسی چۆنیەتی لە دایك بوونی عیسا کە بەسەرهاتەکەی لەبەسەرهاتی یەحیا سەرسوڕهێنەرترەو دەفەرموێ:

(١٦) ئەی محمد ﷺلەم قورئانەدا داستانی مەریەمی کچی عمران باس بکە بۆ گەلەکەت ئەوکاتەی کە بۆ پێویستی

يَٰيَحْيَىٰ خُذِ ٱلْكِتَٰبَ بِقُوَّةٍ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْحُكْمَ صَبِيًّا ﴿١٢﴾
وَحَنَانًا مِّن لَّدُنَّا وَزَكَوٰةً وَكَانَ تَقِيًّا ﴿١٣﴾ وَبَرًّا بِوَٰلِدَيْهِ وَلَمْ
يَكُن جَبَّارًا عَصِيًّا ﴿١٤﴾ وَسَلَٰمٌ عَلَيْهِ يَوْمَ وُلِدَ وَيَوْمَ يَمُوتُ
وَيَوْمَ يُبْعَثُ حَيًّا ﴿١٥﴾ وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ مَرْيَمَ إِذِ ٱنتَبَذَتْ
مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا ﴿١٦﴾ فَٱتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَابًا
فَأَرْسَلْنَآ إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا ﴿١٧﴾ قَالَتْ إِنِّىٓ
أَعُوذُ بِٱلرَّحْمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيًّا ﴿١٨﴾ قَالَ إِنَّمَآ أَنَا۠ رَسُولُ
رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَٰمًا زَكِيًّا ﴿١٩﴾ قَالَتْ أَنَّىٰ يَكُونُ لِى
غُلَٰمٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِى بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا ﴿٢٠﴾ قَالَ كَذَٰلِكِ
قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَىَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُۥٓ ءَايَةً لِّلنَّاسِ وَرَحْمَةً
مِّنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا ﴿٢١﴾ ۞ فَحَمَلَتْهُ فَٱنتَبَذَتْ
بِهِۦ مَكَانًا قَصِيًّا ﴿٢٢﴾ فَأَجَآءَهَا ٱلْمَخَاضُ إِلَىٰ جِذْعِ ٱلنَّخْلَةِ
قَالَتْ يَٰلَيْتَنِى مِتُّ قَبْلَ هَٰذَا وَكُنتُ نَسْيًا مَّنسِيًّا ﴿٢٣﴾
فَنَادَىٰهَا مِن تَحْتِهَآ أَلَّا تَحْزَنِى قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا ﴿٢٤﴾
وَهُزِّىٓ إِلَيْكِ بِجِذْعِ ٱلنَّخْلَةِ تُسَٰقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا ﴿٢٥﴾

خۆی بەرەو رۆژهەڵات دوور کەتەوە، جا ئەم دور کەوتنە یان بۆ گۆشەگیری‌و خەڵوەت‌و بۆ عیبادەتکردن بووە یان بۆ خۆ پاك کردنەوەو خۆشۆردن بوە، والله اعلم.

(١٧) جا لەوێ پەردەیەکی بۆ خۆی دروست کرد بۆ ئەوەی نەیبینن تا ئەو پێویستی خۆی ئەنجام دەدات، جا لەو کاتەدا ئێمە رۆحی خۆمان کە جبرەئیل بوو ناردە لای، جا ئەویش خۆی کرد بە شێوەی پیاویکی رێك‌و پێك بۆ ئەوەی مریەم زۆر نەترسێت ، جا کاتێ دی نارەحەت‌و نیگران بوو ترسا کە نیەتی خراپی هەبێت بۆیە پەنای بردە پەروەردگاری،

(١٨) وتی: بێگومان من پەنا دەگرم بەو زاتە زۆربەسۆزە لە خراپەو دەستدرێژی تۆ، جا ئەگەر تۆ پیاوێکی پارێزکاری‌و لە خواترسی ئەوە من خۆم خستوەتە پەنای ئەو زاتەوە.

(١٩) ئەویش بەمریەمی وت: من نێرراوی خوای تۆم بۆ ئەوەی منداڵێکی پاك وخاوێنت پێ ببەخشم.

(٢٠) مریەمیش وتی: من چۆن منداڵم ئەبێت لە حاڵێکدا کە من مێردم نەبوەو تێکەڵاوی حەڵاڵم لەگەڵا نەکراوە، وە

فَكُلِي وَٱشۡرَبِي وَقَرِّي عَيۡنٗاۖ فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ ٱلۡبَشَرِ أَحَدٗا فَقُولِيٓ
إِنِّي نَذَرۡتُ لِلرَّحۡمَٰنِ صَوۡمٗا فَلَنۡ أُكَلِّمَ ٱلۡيَوۡمَ إِنسِيّٗا ﴿٢٦﴾
فَأَتَتۡ بِهِۦ قَوۡمَهَا تَحۡمِلُهُۥۖ قَالُواْ يَٰمَرۡيَمُ لَقَدۡ جِئۡتِ شَيۡـٔٗا
فَرِيّٗا ﴿٢٧﴾ يَٰٓأُخۡتَ هَٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمۡرَأَ سَوۡءٖ وَمَا كَانَتۡ
أُمُّكِ بَغِيّٗا ﴿٢٨﴾ فَأَشَارَتۡ إِلَيۡهِۖ قَالُواْ كَيۡفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِي
ٱلۡمَهۡدِ صَبِيّٗا ﴿٢٩﴾ قَالَ إِنِّي عَبۡدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِيَ ٱلۡكِتَٰبَ وَجَعَلَنِي
نَبِيّٗا ﴿٣٠﴾ وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيۡنَ مَا كُنتُ وَأَوۡصَٰنِي بِٱلصَّلَوٰةِ
وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمۡتُ حَيّٗا ﴿٣١﴾ وَبَرَّۢا بِوَٰلِدَتِي وَلَمۡ يَجۡعَلۡنِي
جَبَّارٗا شَقِيّٗا ﴿٣٢﴾ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوۡمَ وُلِدتُّ وَيَوۡمَ أَمُوتُ
وَيَوۡمَ أُبۡعَثُ حَيّٗا ﴿٣٣﴾ ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَۖ قَوۡلَ ٱلۡحَقِّ
ٱلَّذِي فِيهِ يَمۡتَرُونَ ﴿٣٤﴾ مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٖۖ سُبۡحَٰنَهُۥٓۚ
إِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٣٥﴾ وَإِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمۡ
فَٱعۡبُدُوهُۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ﴿٣٦﴾ فَٱخۡتَلَفَ ٱلۡأَحۡزَابُ مِنۢ
بَيۡنِهِمۡۖ فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن مَّشۡهَدِ يَوۡمٍ عَظِيمٍ ﴿٣٧﴾ أَسۡمِعۡ بِهِمۡ
وَأَبۡصِرۡ يَوۡمَ يَأۡتُونَنَاۖ لَٰكِنِ ٱلظَّٰلِمُونَ ٱلۡيَوۡمَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿٣٨﴾

هەروەها زینا کاریش نەبووم دەی ئیتر چۆن منداڵم نەبێت؟

(٢١) وتی: وایە تۆ مێردت نەکردوەو زینا کاریش نیت بەڵام تۆ منداڵت ئەبێ‌و ئەمە بڕیاری (ﷲ)یە، پەروەردگاری تۆ دەفەرموێ: ئەوە لای من زۆر ئاسانەو ئەمانەوێ بیکەین بە نیشانەیەك بۆ ئەوەی کە خەڵك توانایی‌و زانایی خوای خۆیانیان بۆ دەرکەوێت‌و سۆزو ڕەحمەتێکیش بێت لەلایەن ئێمەوە بۆ تۆو بۆ پەیڕەوانی ئەم منداڵەیش، وەئەمە هاتنە دی فرمانێکە دەمێکە جێ بەجێ کراوەو لە "لەوحولمەحفوز"دا تۆمارکراوە. جا وەکو لە ئایەتی تردا هاتوە ئەو فریشتە بەرێزە فوی کرد بە یەخەی مریەم دا.

(٢٢) جا ئەویش گورج بارداربوو، ئینجا لەترسی تانەو تەشەردان‌و سەرزەنش کردن لەگەلەکەی دوور کەوتەوە

(٢٣) ئەوسا ژانی منداڵ بوون گرتی‌و ناچار لەبەر ناڕەحەتی چوە لای بنە دارخورمایەکی وشك بۆ ئەوەی پاڵی پێوە بدات، جا بیری لەم ڕوداوە گرنگە بێ وێنەی خۆی کردەوەو هەرچی هێنای‌و بردی هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نەبو بۆ وەڵامی گەلەکەی‌و دڵنیا بوو بە زیناکەر دایئەنێن لەبەر ئەوە وتی: خۆزگە من پێش ئەم ڕوداوە بمردمایە، وە خۆزگە من هەر نەبومایەو کەس منی نەدیبایەو نەیناسیمایە، جا لەو کاتە تەنگانەو پڕ ئێش وئازارەدا (ﷲ) دڵنەوایی کردو فریشتەی نارد کە موژدەیەکی تری پێ بدات.

(٢٤) مریەم کە لە جێگایەکی بەرز بوو، جا فریشتەکەش لەلای خواریەوە بوو هەر لەخوارەوە بانگی کردو وتی: خەفەت مەخۆو مەترسە بەراستی پەروەردگارت لە خوارتەوە ڕوبارێك ئاوی بۆ دروست کردی کە ئەو ڕوبارە لە پێشدا نەبوە. تا بەم شێوەیە مریەم دڵی بەهێزتر بێ‌و لەگەلەکەی نەترسێت‌و دڵنیا بێت کە (ﷲ) بە تەنهای بە جێی ناهێڵێت بەڵکو یارمەتی دەریەتی‌و بزانێ کە(ﷲ) ئارەزۆی لە هەرچی بێ دەیکات، وە مریەم کە ئیستا هێزو هەناوی نەماوەو ژانی منداڵ بوون گرتویەتی، فریشتەکە موژدەیەکی تری بەهێزکردنی پێدەداو دەڵێت:

(٢٥) دەی ئەو بنە خورما وشکە ڕاوەشێنە کە نەپەلێکی هەیەو نە تەڕی تێدایە کە هەر ڕاتوەشاند لەو دارخورما وشکە خورمای پێ گەیشتوو بەتام دەبارێت بەسەرتا.

(٢٦) جا لەو خورما بخۆو لەو ڕوبارەیش بخۆرەوەو با چاویشت ڕۆشن ببێتەوە بە بینینی ئەو کوڕەت کە پێغەمبەرێکە لەپێغەمبەران، جا ئەگەر هاتو کەسێکت بینی ولەم بارەوە پرسیاری لێ کردیت تۆ بڵێ لەسەر خۆمم نەزرم کردوە کە ڕۆژو بگرم بۆ خوای میهربان، جا ئەمڕۆ قسە لەگەڵ هیچ کەسێکدا ناکەم. بەڵێ مریەم منداڵەکەی بوو.

(٢٧) ئەوسا بە ترسێکی زۆرو بە شەرمەوە منداڵەکەی هەڵگرت‌و هێنایەوە بۆ ناو گەل‌و خزمانی، جا ئەوانیش کۆبونەوەو زۆر توڕەو ناڕەحەت بوون لە مریەم‌و وتیان: ئەی مریەم بەراستی تۆ شتێکی زۆر خراپت کردوەو کۆڵێك شەرمەزاریت هێناوە.

(٢٨) ئەی خوشکی هارون بەراستی باوکی تۆ پیاوێکی خراپ نەبو، وە دایکشت زینا کارنەبوە دەی تۆ چۆن ئەو کارەت کردوە؟ جا دەگونجێ بەتانەو تەشەرەوە ئەو قسەیان کرد بێ، چونکە هارون بە پیاوێکی چاك ناوی هەبوە، لەسەر ئەوەی کە لەم ئایەتەدا مەبەست لە هارون کێیە زانایان رای جیاوازیان هەیە بەڵام ئەوەی کە راستە ئەوەیەکە لە حەدیسەکەی موغەیرەی کوری شوعبەدا هاتوە کە دەڵێ: پێغەمبەرﷺمنی نارد بۆ نەجران جا خەڵکی ئەوێ سەبارەت بەم ئایەتە پرسیاریان لێکردم وتیان: مەگەر ئێوە لە قورئان دا ئەم ئایەتە ناخوێننەوەکە/ يَا أُخْتَ هَارُونَ / ئەی مریەمی خوشکی هارون کە برای موسایە؟ لە حاڵێکدا بەهەزاران ساڵ لەنێوانی عیساو موسادایە؟! لەراستیدا منیش نەمزانی چۆن وەڵامیان بدەمەوە، جا کاتێك کە گەرامەوە بۆلای پێغەمبەرﷺئەم پرسیارەم پێگەیاند پێغەمبەرﷺفەرموی:(أَلَا أَخْبَرْتَهُمْ أَنَّهُمْ كَانُوا يُسَمُّونَ بِأَنْبِيَائِهِمْ وَالصَّالِحِينَ قَبْلَهُمْ /مسلم وغیره/ بۆ پێت نەگوتن کە بەنی ئیسرایيل ناوی پێغەمبەرانو پیاو چاکانی پێشویان لە منداڵەکانی خۆیان دەنا) واتە: مەبەست بە هارون لەم ئایەتەدا هارونی برای موسا نیە، بەڵکو کەسێکی تری خزمی نزیکی مریەم بووە. جا مەبەستیان ئەوەبو کە تۆ لە دایكو باوكو بنەماڵەیەکی ئاوایت چۆن توشی داوێن پیسی بوییت؟

(٢٩) جا ئەویش ئاماژەی کرد بۆ لای منداڵەکەی کە گوایا لەو بپرسن گوتیان: ئەوە تۆ چی دەڵێیت: چۆن ئێمە لەگەڵ منداڵێکی ناو لانکەدا قسە بکەین؟ ئەوە گاڵتەمان پێ دەکەیت؟! ئێمە لە تۆ ئەپرسین؟! جا بە فرمانی (ﷲ) منداڵەکە هاتە قسە.

(٣٠) گوتی: من بەندەی (ﷲ)مو ئەویش کتێبی پێداوم وکردومی بە پێغەمبەریش.

(٣١) جا (ﷲ)کردومی بە مایەی خەیرو بەرکەت لە هەر کوێدابم و ئامۆژگاری کردووم بۆ ئەنجامدانی نوێژو زەکات دان هەتا ماوم.

(٣٢) خۆ ئامۆژگاریشی کردوم کە چاك بم لەگەڵ دایکم دا جا ئەو زاتە منی نەکردوە بە مرۆڤێکی ملهوری بەدبەخت،کە خۆ بە زل بزانم بەرامبەر بە (ﷲ)و بەندەکانی (ﷲ). ئەم چەند رستە جوانو تەواوە قسەی ئەو منداڵە کۆرپە بوو تا معجزەیەك بێت لە سەر پاکی دایکیو پێغەمبەرایەتیەکەی خۆی، عیسا کە دەست بە قسە دەکات پێش هەمو شتێك خۆی بە عەبدو بەندەی (ﷲ) دەناسێنێت، بەڵام دواتر گاورەکان زیادەڕەویان تێدا کردو بە خواو بە کوری خوا ناوی دەبەن، لە راستیدا ئەوان دژ بەم قسەیەی عیسا رەفتار دەکەن. ئینجا باس لە پێغەمبەرایەتیو بەجێهێنانی بەندایەتی خۆی دەکاتو لە دوایش دا باس لە هەڵسوکەوتی خۆی دەکات بەرامبەر بە بەندەکانی خوا پێش هەمویان دایکێتی، بۆیە دەڵێت: ﴿ بِوَالِدَتِي ﴾ وە نالێت: (بوالديَّ) تا تێیان بگەیەنێت کە ئەو خەڵاتێکە کە(ﷲ) بە مریەمی داوە بە بێ باوك، وە دەڵێت: خوا منی نەکردوە بە مرۆڤێکی ﴿ جَبَّارًا ﴾ کە پێم وابێت کە هیچ کەس حەقو ئەرکێکی بەسەرمەوە نیە، دیارە کە عیسا باس لە شتانێك دەکات کە لە عیلمی (ﷲ) تێپەری کردوەو بۆ ئەو دانراوە، ئەگینا ئیستا ئەو منداڵێك زیاتر نیە جا ئەمەش بەڵگەیەك بو بۆ بەرپەرچدانەوەی قەدەرییەکان هەروایش لە مالکی کوری ئەنەسەوە هاتووە کە دەڵێت: (ما أشَدّها على أهلِ القَدر، أخبَر عيسى بما قَضَى من أمره، وبما هو كائن إلى أن يموت". چەند سەختە لەلای قەدەرییەکان ئەمەی کەعیسا هەواڵی داوە بەوەی کە بڕیاری پەروەردگار تێپەڕیوە لەبارەی ئەوەوەو ئەوەیش کە روو دەدات بۆی هەتا دەمرێت} عیسا لە پاش ئەم قسانە وتی:

(٣٣) سەلامو هێمنیو ئاسودەیی لە سەرمنە لەو رۆژەی کە لەدایك بووم ولەو رۆژەی کە ئەمرم، وەلەو رۆژەیش دا کە زیندو دەکرێمەوە، واتە: لەهەمو قۆناغەکانی ئەم دوو ژیانەدا من لە ژێر چاودێری (ﷲ)دام وخۆی چاودێرو پارێزگارمە.

وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ ٱلْحَسْرَةِ إِذْ قُضِىَ ٱلْأَمْرُ وَهُمْ فِى غَفْلَةٍ وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ
﴿٣٩﴾ إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ ٱلْأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ ﴿٤٠﴾ وَٱذْكُرْ
فِى ٱلْكِتَٰبِ إِبْرَٰهِيمَ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا ﴿٤١﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ
لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِى عَنكَ شَيْـًٔا ﴿٤٢﴾ يَٰٓأَبَتِ
إِنِّى قَدْ جَآءَنِى مِنَ ٱلْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ فَٱتَّبِعْنِىٓ أَهْدِكَ صِرَٰطًا
سَوِيًّا ﴿٤٣﴾ يَٰٓأَبَتِ لَا تَعْبُدِ ٱلشَّيْطَٰنَ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ
عَصِيًّا ﴿٤٤﴾ يَٰٓأَبَتِ إِنِّىٓ أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ
فَتَكُونَ لِلشَّيْطَٰنِ وَلِيًّا ﴿٤٥﴾ قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ ءَالِهَتِى
يَٰٓإِبْرَٰهِيمُ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ وَٱهْجُرْنِى مَلِيًّا ﴿٤٦﴾ قَالَ
سَلَٰمٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّىٓ إِنَّهُۥ كَانَ بِى حَفِيًّا ﴿٤٧﴾
وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَأَدْعُوا۟ رَبِّى عَسَىٰٓ
أَلَّآ أَكُونَ بِدُعَآءِ رَبِّى شَقِيًّا ﴿٤٨﴾ فَلَمَّا ٱعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ
مِن دُونِ ٱللَّهِ وَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا ﴿٤٩﴾
وَوَهَبْنَا لَهُم مِّن رَّحْمَتِنَا وَجَعَلْنَا لَهُمْ لِسَانَ صِدْقٍ عَلِيًّا ﴿٥٠﴾
وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ مُوسَىٰٓ إِنَّهُۥ كَانَ مُخْلَصًا وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا ﴿٥١﴾

﴿٣٤﴾ لەبارەی عیسای کوڕی مریەمەوە قسەی راستو حەق هەر ئەوەیە کە باسمان کرد کە ئەوان گومانیان تێیدا هەیەو ئەڵێن: کوڕی خودایەو چەندین قسەی بێ سەروبەری تر؟!

﴿٣٥﴾ (ﷲ) منداڵی نیەو پاكو بێگەردە لەو درۆیەی کە ئەوان ئەیکەن، هەرکاتێ ویستی ئیشێ بکات هیچی ناوێت بێجگە لەوەی بفەرموێ ببە ئیتر دەست بەجێ ئەو ئیشە ئەبێ، دەی بۆ ئەبێت بە دووری بزانن کە (ﷲ) عیسای بە بێ باوك دروست کردوە، ئینجا خوای خاوەن دەسەڵاتو زانا درێژە بەفەرمایشتەکانی ئەداتو لەسەر زمان عیسا دەفەرموێ:

﴿٣٦﴾ ئەوسا بێگومان کە(ﷲ) پەروەردگاری منەو پەروەردگاری ئێوەشە، دەی ئێوەش بیپەرستن ئا ئەمەیە رێگای راستو ئەوەیە قسەی راست کە عیسا بەندەی خواو پێغەمبەریەتی بە بێ باوکیش لەمریەمەوە هێنایە ئەم ژیانە، جا پەروەردگاری ئەوو ئێوە تەنها (ﷲ)یەو نە خێزانی هەیەو نە منداڵی هەیەو نە هاوبەش ونە وێنەی هەیەو هەر ئەو زاتەشە کە ئەبێ بەندایەتی بۆ بکرێت، بەڵام پاش بەرز کردنەوەی عیسا پەیڕەوانی یەك دەس نەمانەوە وەك (ﷲ) دەفەرموێ:

﴿٣٧﴾ کۆمەڵەکانی بەنی ئسرائیلی لەنێوان خۆیاندا سەبارەت بەعیسا نارێك بوون، جا هەندیکیان ئەیان وت: عیسا کوڕی خوایەو هەندیکیان ئەیان وت: خوای سێهەمە (الله ـ مریم ـ عیسا)!؟ کە ئەم دووانە هەردووکیان کافرن وەبەشێکیان حەقیان گرتە بەرو وتیان: نە خوایەو نە کوڕی خوایە بەڵکو بەندەی خوایەو پێغەمبەرێتیو لە مریەم بوە، ئینجا (ﷲ)بۆ ئەوە بیر بکەنەوە روی قسەی ئەکاتە بێ باوەڕانو هاتنی قیامەت ئەخاتە پێش چاویانو دەفەرموێ: وای بۆ ئەو کەسانەی کە بێ باوەڕن لەو رۆژە گەورەی کە ئامادەی ئەبن کە رۆژی قیامەتەو لەو کۆبونەوەو ئامادەبونەی کە هەمو کردارو وتارو نوێتەکان ئاشکرا دەبنو هیچ کەس ناتوانێ عەیبی خۆی بشارێتەوە. وەخوای زاناو کار بەجێ دەفەرموێ:

﴿٣٨﴾ ئەو رۆژەی کە دێنە لامان ئای چەند چاك دەبیسن وچەند چاك دەبینن، وەك دنیانیە کە بۆ بیستنو بینینی حەقو راستی خۆیان کەڕو کوێر بکەن، بەڵام ستەمکاران ئەمڕۆ کە لە ژیانی دنیادان وان لە گومڕاهیەکی ئاشکراداو بیر ناکەنەوەو سود لەم ژیانە وەرناگرنو حەیوان ئاسا هەر وان لەبیری خەوو خواردندانو ئامادەی ئەو کۆچە ناچاریە نین کە لەم ژیانە بۆ هەمیشە جیایان دەکاتەوە، جا خوای میهرەبان دەفەرموێ:

﴿٣٩﴾ ئەی محمدﷺبیانترسێنە لە رۆژی داخو خەفەت کە ئەو کاتەیە کە ئیش جێ بەجێ دەکری و بەهەشتی بۆ بەهەشتو دۆزەخی بۆ دۆزەخ ومردن نامێنێت، لە حاڵێکدا ئەمڕۆ ئەوان لە بێ ئاگای دانو باوەڕ ناهێنن کە ئاوا رۆژێکی گەورە چاوەڕوانیان دەکات، مەبەست لە ﴿ يَوْمَ ٱلْحَسْرَةِ ﴾ ئەو رۆژەیە کەمردن لەناو ئەبرێتو بەهەشتییەکان بێ ترس ئەبن لە مردنو کافرانیش هیچ هیواو ئومێدێکیان نامێنێ بۆ رزگار بوون لە ئاگری دۆزەخ. وەك پێغەمبەرمانﷺدەفەرموێ: (إِذَا دَخَلَ أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ

وَأَهْلُ النَّارِ النَّارَ يُجَاءُ بِالْمَوْتِ كَأَنَّهُ كَبْشٌ أَمْلَحُ فَيُوقَفُ بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ فَيُقَالُ يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ هَلْ تَعْرِفُونَ هَذَا قَالَ فَيَشْرَئِبُّونَ فَيَنْظُرُونَ وَيَقُولُونَ نَعَمْ هَذَا الْمَوْتُ قَالَ فَيُقَالُ يَا أَهْلَ النَّارِ هَلْ تَعْرِفُونَ هَذَا قَالَ فَيَشْرَئِبُّونَ فَيَنْظُرُونَ وَيَقُولُونَ نَعَمْ هَذَا الْمَوْتُ قَالَ فَيُؤْمَرُ بِهِ فَيُذْبَحُ قَالَ وَيُقَالُ يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ خُلُودٌ لَا مَوْتَ وَيَا أَهْلَ النَّارِ خُلُودٌ لَا مَوْتَ قَالَ ثُمَّ قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الْأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ قَالَ وَأَشَارَ بِيَدِهِ. /متفق عليه/ هەرکاتێ ئەهلی بەهەشت چونە بەهەشتو ئەهلی ئاگر چونە ناو ئاگرو شەفاعەتی شەفاعەتکاران تەواو بوو کەس نەما کە ئەم لاولای پێ بکرێت مردن ئەهێنرێت وەك بەرانێکی خۆڵەمێشی قەڵەو لە نێوان بەهەشتو دۆزەخدا رادەگیرێو بانگ دەکرێتو دەوترێت: ئەی خەڵکی بەهەشتی ئائەمە دەناسن؟ ئەوانیش ملیان بەرز ئەکەنەوەو تەماشا ئەکەنو ئەڵێن: بەڵێ دەیناسین ئەوە مردنە، ئینجا ئەبێژرێت ئەی خەڵکی ناو ئاگر ئا ئەمە دەناسن؟ ئەوانیش ملیان بەرز ئەکەنەوەو تەماشا دەکەن ودەڵێن، بەڵێ دەیناسین ئەوە مردنە، جا فرمان دەدرێتو لە پێش چاوی هەمویان سەردەبڕێت، پێغەمبەرﷺ فەرموی: جا دەوترێت: ئەی خەڵکی بەهەشت، ئێوە ئیتر هەتا هەتایینو مردن نەماوە، وە بانگ دەکرێتە ئەهلی ناو ئاگریشو دەوترێت ئێوەش هەتا هەتایینو ئەوە مردنیش نەما، ئەبو سەعید ئەڵێ :پێغەمبەری خوا ﷺ پاش ئەم فەرمودەیە ئەم ئایەتەی خوێندەوە (وە بیان ترسێنە لەرۆژی داخو خەفەت ئەوکاتەی کە کار جێ بەجێ کرا لە حاڵێکدا ئەوان هەر وان لەبێ ئاگاییدا) بەدەستی هێمای بۆ دنیا کردو فەرموی (خەڵکی دنیایی لە دنیادا بێ ئاگانو بیر لەورۆژە سەختەناکەنەوە) جا تەماشا بکەنو بزانن کە (ﷲ) چەندە میهرەبانە سەبارەت بەبەندەکانی کە پێش هاتنی ئەو رۆژە فرمان دەدات بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە لەو رۆژە گەورە بیانترسێنێت تا لەو رۆژەدا داخو خەفەت نەخۆنو خۆیان بەژیانی دنیا سەرگەرم نەکەنو وانەزانن کە هەرگیز لێی جیانابنەوەو بەرەو جیهانێکی گەورە ترو تەمەنێکی بێ نیهایەت نارۆن، وە با بزانن ئەم دنیایە بو کەس نامێنێتەوە ،جادەفەرموێ:

(٤٠) بێگومان ئێمەین کە زەویو ئەوەی کە بەسەری دایە لە ناوی دەبەینو نایهێلینو هەموی بۆ ئێمە دەمێنێتەوە، وە لە پاش مردن هەمویان بۆلای ئێمە دەهێننەوە. جا بەم شێوەیە داستانی مریەم وعیسا کۆتایی هات، جا پەروەردگار چەند پێغەمبەرێکمان بەکورتی بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٤١) ئەی محمدﷺلەم کتێبەدا کە قورئانە باسی ابراهیم بکە کە بێ گومان ئەو زۆر راستگۆو پێغەمبەر بووە.

(٤٢) ئەو کاتەی کە بەباوکی وت: ئەی باوکی خۆشەویستم بۆ بەندایەتی دەکەی بۆ شتێك کە نە هیچ دەبیسێت ونەهیچ دەبینێتو هەرچەند بەندایەتیشی بۆ بکەیت هیچ سودێکت پێ ناگەیەنێت ؟

(٤٣) ئەی باوکی خۆشەویستم بەراستی بەشێك لە زانیاری وا هاتوەتە لای من کە تۆ شتی وات بۆ نەهاتوە کە بریتیە لە تێگەیشتن لە یەکتا پەرستی راستو دروست، جا ئەگەر ئەتەوێ زانایانە بژیت تۆ پەیڕەوی من بکەو بە گوێم بکە رێنماییت ئەکەم بۆ رێگایەکی راست کە بتگەیەنێت بەرەزاو رەحمەتی (ﷲ). ئیبراهیم چەند بە نەرمو نیانییەوە باوك یان مامی بت پەرەستی بانگ دەکات بۆ یەکتاپەرستی، ئیبراهیم نالێ: (یاأبی) ئەی باوکم بەڵکو دەڵێت: (یابت) ئەی باوکی خۆشەویستم، نالێت: من زانام وتۆنەزان دەبێ پەیڕەویم بکەیت بەڵکو وا ئەدوێت کە گوایە تۆیش عیلمو زانیاریت هەیە بەڵام ئەو بەشە زانیاریەی کە هاتوەتە لای من تۆ نیتە، جا ئەگەر بەگوێم بکەیت خەیرت دەس دەکەوێت، بەراستی بانگخوازی راستەقینە دەبێ ئاواشەیتان پسێن بێت نەك هەر خەریکی شەڕە قسەو مەردم تۆرێن بێت، لەباتی شەیتان پسێن شەیتان سەپێن بێ.

(٤٤) ئەی باوکی خۆشەویستم بە گوێ شەیتان مەکەو مەی پەرستە بێگومان کە شەیتان سەرپێچی کەرە لە فرمانی (ﷲ)و دژایەتی ئەو زاتە دەکات. واتە هەرکەس جگە لە (ﷲ) شتێك بپەرستێت ئەوە فرمانبەرداریو بەندایەتی بۆ

وَنَٰدَيۡنَٰهُ مِن جَانِبِ ٱلطُّورِ ٱلۡأَيۡمَنِ وَقَرَّبۡنَٰهُ نَجِيّٗا ﴿٥٢﴾ وَوَهَبۡنَا لَهُۥ مِن
رَّحۡمَتِنَآ أَخَاهُ هَٰرُونَ نَبِيّٗا ﴿٥٣﴾ وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِسۡمَٰعِيلَۚ إِنَّهُۥ كَانَ
صَادِقَ ٱلۡوَعۡدِ وَكَانَ رَسُولٗا نَّبِيّٗا ﴿٥٤﴾ وَكَانَ يَأۡمُرُ أَهۡلَهُۥ بِٱلصَّلَوٰةِ
وَٱلزَّكَوٰةِ وَكَانَ عِندَ رَبِّهِۦ مَرۡضِيّٗا ﴿٥٥﴾ وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِدۡرِيسَۚ
إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقٗا نَّبِيّٗا ﴿٥٦﴾ وَرَفَعۡنَٰهُ مَكَانًا عَلِيًّا ﴿٥٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِن ذُرِّيَّةِ ءَادَمَ وَمِمَّنۡ حَمَلۡنَا مَعَ نُوحٖ
وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡرَٰٓءِيلَ وَمِمَّنۡ هَدَيۡنَا وَٱجۡتَبَيۡنَآۚ إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ
ءَايَٰتُ ٱلرَّحۡمَٰنِ خَرُّواْۤ سُجَّدٗاۤ وَبُكِيّٗا۩ ﴿٥٨﴾ ۞فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ
خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِۖ فَسَوۡفَ يَلۡقَوۡنَ غَيًّا
﴿٥٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ
وَلَا يُظۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا ﴿٦٠﴾ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدَ ٱلرَّحۡمَٰنُ عِبَادَهُۥ
بِٱلۡغَيۡبِۚ إِنَّهُۥ كَانَ وَعۡدُهُۥ مَأۡتِيّٗا ﴿٦١﴾ لَّا يَسۡمَعُونَ فِيهَا لَغۡوًا إِلَّا سَلَٰمٗاۖ
وَلَهُمۡ رِزۡقُهُمۡ فِيهَا بُكۡرَةٗ وَعَشِيّٗا ﴿٦٢﴾ تِلۡكَ ٱلۡجَنَّةُ ٱلَّتِي نُورِثُ مِنۡ
عِبَادِنَا مَن كَانَ تَقِيّٗا ﴿٦٣﴾ وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمۡرِ رَبِّكَۖ لَهُۥ مَا بَيۡنَ
أَيۡدِينَا وَمَا خَلۡفَنَا وَمَا بَيۡنَ ذَٰلِكَۚ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيّٗا ﴿٦٤﴾

شەیتان کردوە، جا تۆیش گوێڕایەڵی شەیتان مەکە و جگە لەو زاتە میهرەبانە شتێکی تر مەپەرستە.

(٤٥) ئەی باوکی خۆشەویستم بێگومان من ئەترسم کە بە هۆی پەیڕەویت لە شەیتانەوە سزای خوات پێ بگات، جا ئەو کاتە ببیت بە دۆستی شەیتانو حیسابی ئەوت بۆ بکرێت. ئەمە گفتوگۆی ئیبراهیم پێغەمبەر بوو لەگەڵ باوکیدا کە چەند بە هێواشی وبە نەرمو نیانی لە گەڵ باوکی خۆیدا دووا ئەگەر چی بت پەرستیش بو، جا پێویستە لە سەر هەمو خواناسێکی راستەقینەیە ئاوەها لەگەڵ باوك ودایکیدا قسە بکات، ئینجا گوێ لەوەڵامی باوکێشی بگرەکە چی دەڵێ:

(٤٦) وتی: ئەی ئیبراهیم تۆ وادەردەکەوێ کە پشت لە خواکەی من ئەکەیو بەراستی نازانی؟ سوێند بێت ئەگەر واز نەهێنی لەم قسانەت دڵنیابە کە بەرد بارانت دەکەم و بۆ ماوەیەکی زۆریش دوور بکەوە لێمو هاتوو چۆم مەکە، ئیبراهیم دیسان لە وەڵامی باوکیا خۆین ساردانە.

(٤٧) وتی: سەلامەت لێبێ، من هیچ خراپەیەك بەرامبەر تۆ ناکەم لەمەولا من لە پەروەردگارم داوای لێ بوردنت بۆ دەکەم، بێگومان ئەو بۆ من زۆر بە سۆزو میهرەبانەو وەڵامی دوعاکانی من ئەداتەوە، ئا بەم شێوەیە ئیبراهیم بەڵێنی دا بە باوکی کە دوعای هیدایەتی بۆ بکات تا ئەو هیدایەتە ببێت بە هۆی لێ خۆش بونی پەروەردگار بۆی، جا ئیبراهیم لەسەر ئەو بەڵێنەی رۆیشت تا بە تەواوی بۆی دەرکەوت کە باوکی لە کوفرو بت پەرستی ناگەڕێتەوە، ئەوسا ئیبراهیم وازی هێنا لە دوعا کردن بۆی وەك لە سورەتی تەوبەدا باس کراوە. جا ئیبراهیم وتی:

(٤٨) جا من دوور ئەکەومەوە لە ئێوەو لەو شتانەیش کە ئێوە دەیانپەرستن بێجگە لە (ﷲ)ومن ئومێدم وایە کە هەرگیز بەهۆی بەندایەتی وپاڕانەوەم لە پەروەردگارم بەدبەختو بێ بەش نەبمو (ﷲ) هەمویانم لێ وەر بگرێت. وەك پێغەمبەرمان دەفەرموێت: {مَنْ تَرَكَ شَيْئًا لله عَوَّضَهُ اللَّه خَيْرًا مِنْهُ. / احمد، صححه الألباني/ واتە: هەرکەس لەبەر (ﷲ) واز لەشتێك بهێنێت، (ﷲ) لە باتی ئەوە پاداشتی بە چاکتر دەداتەوە} جا کە ئیبراهیمیش نیشتمانو خزمو گەلەکەی بۆ رەزای (ﷲ) بە جێهێشت، (ﷲ) پاداشتێکی گەورەی دایەوەودەفەرموێ:

(٤٩) جا لەبەر ئەو راستیو لێ بڕانەی بۆ (ﷲ) کاتێ کەوازی لێ هێنانو دورکەوتەوە لێیانو لەوەیش کە ئەوان جگە لە (ﷲ) دەیان پەرست بە پاداشتی ئەوە ئێمە ئیسحاقو یەعقوبی کوڕی ئیسحاقمان پێ بەخشی، واتە: بێجگە لەوەی کەلەو تەمەنە پیریەدا کە کوڕمان پێدا لەو کوڕەش کوڕێکی ترمان پێدا و هەمویانمان کرد بە پێغەمبەر سەلامی خوالەهەمویان.

(٥٠) جا لە سۆزو رەحمەتی خۆمان بەوانمان بەخشیو وامان لێ کردن کە زمانی خەڵکی پاش خۆیان هەمیشە بەگەورەو پایە بەرزو رێزەوە ناویان ببەن. بەڵێ بەراستی هەر (ﷲ)یە کە ئەتوانێ بە جوانیو بەرێك وپێکی پاداشتی دۆستانی خۆی بداتەوە، ئیبراهیم بۆ (ﷲ) وازی لە هەمو شتێك هێنا (ﷲ)یش رێزێکی وای پێ دا هەمو خاوەن

ئاینىنان تا رۆژى قیامەت ڕێزی بۆ دائەنێن. لەپاشان داستانى موساى کورى عیمران ى کورى لاهیب ى کورى عازیرى کوڕى لاوى کوڕى یەعقوب پێغەمبەرمان بەکورتى بۆ دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ:

(٥١) ئەی محمدﷺ لەم کتێبەدا کە قورئانە بەسەرهاتى موسا باس بکە، بێگومان ئەو لەلایەن خوای خۆیەوە بەهۆی ئیخلاسو پاکیەك کە هەیبو هەڵبژێررابو خۆ ئەو نێرراوو پێغەمبەریش بوو.

لە بارەی جیاوازی مانای (رسولو نبی) یەوە قسە زۆرکراوە نزیکترینیان ئەمەیە کە(رسول):ئەو کەسەیە کە وەحی بۆ هات بێت وە دەستوریشی پێ درا بێت کەبە خەڵکی رابگەیەنێت. (نبی):ئەو کەسەیە کە وەحی بۆهات بێ ئیتر دەستوری راگەیاندنی پێدرابێ یان نە، واتە :هەمو رەسولێك نەبیە بەڵام مەرج نیە هەمو نەبیەك رەسول بێت، ئینجا خوا دەفەرموێ:

(٥٢) جا ئێمە لە تەنیشتی راستی جیای توری پڕخەیرو بەرەکەتەوە بانگمان لە موسا کردو نزیکمان کردەوە لە خۆمانەوەو راستەوخۆ قسەمان لەگەڵ کرد. جا چۆنیەتی ئەو نزیك بوونەوە شتێکی نهێنیو نەزانراوە تەنها (الله)خۆی دەزانێ چۆنە، ئینجا دەفەرموێ:

(٥٣) ئەوسا بە هۆی سۆزو بەزەیی خۆمانەوە داواکارییەکەی موسامان وەرگرت کە داوای لێکردین کە هارونی برای بکەین بەپێغەمبەرو بیکەین بە پشتیوانی. هارون کە چەند ساڵێك لە موسا بەتەمەنتر بووە لە ناو بەنی ئیسرائیلدا بە پیاویکی رێزدار دەناسرا، ئینجا (الله) باسی ئیسماعیل دەکاتو دەفەرموێ:

(٥٤) جا لەم کتێبەدا باسی ئیسماعیل ی کوڕی ئیبراهیم بکە کە بەراستی ئەو راستگۆ بووە لەو پەیمانانەی کەئەیدا بەخواو بەخەڵكو بەچاکی دەیهێنانەدی، وەك ئەو بەڵێنەی کە دای بە باوکی کە خۆگر بێت تا ئەو بتوانێت سەری ببڕێت، وە ئەو نێرراو پێغەمبەری خوا بوە. پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی:{ آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلَاثٌ إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ./متفق عليه/ واتە:

نیشانەی موناففق سێ شتە: هەرکاتێ قسەی کرد درۆ ئەکات، وە هەرکاتێ بەڵێنی دا نایباتە سەر، وە هەر کاتێ کرا بەئەمیندار خیانەت ئەکات} بەراستی پێغەمبەران هەمویان راست بوون لە بەڵێنو قسە کردنو ئەمانەتدا بەڵام (الله) بۆ رێزلێنان هەر پێغەمبەرێکی بەسیفەتێکی جوانەوە ناوبردوە،

(٥٥) خۆ ئیسماعیل فرمانی ئەدا بەدەستو دایەرەکەی کە نوێژ بکەنو زەکات بدەن، واتە: هەم حەقی خواو هەم حەقی خەڵکی جێ بەجێ بکەن، وە لەگەڵ خواو لە گەڵ خەڵکدا راست بن جا ئەو لەلایەن پەروەدگاریەوە ئەوەندە چاکەی لەگەڵ دا دەکرێت تا رازی ئەبێت. ئینجا خوا باسی ئیدریس ئەکاتو دەفەرموێ:

(٥٦) لەم کتبەدا باسی ئیدریس بکە بێگومان ئەویش راستگۆو پێغەمبەر بوو.

(٥٧) جا جێگاو پلەو ناوی ئەومان بەرز کردەوە. وە لە فەرمودەی پێغەمبەرمانﷺ سەبارەت بە میعراج هاتوە کە پێغەمبەرمان لە ئاسمانی چوارەمدا ئیدریسی بینیوەوسەلامی لێ کردوە، ئینجا دەفەرموێ:

(٥٨) ئەوانە پێغەمبەرانێکن کە خوای باڵادەست نیعمەتی خۆی رژاندوە بەسەریاندا، ئەوانە هەندێکیان لە منداڵانی ئادەمن وەکو ئیدریس عليه السلام ، وە هەندێکی تریان لە منداڵی ئەو کەسانەن کە لەگەڵ نوح دا هەڵمان گرتنو لە توفان رزگارمان کردن، وەك ئیبراهیم، وە بەشێکیان لە منداڵانی ئیبراهیمن وەك ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقوب، وە هەندێکیش لە منداڵانی یەعقوبن وەك موساو هارون وزکریاو عیسا، ئەوانە هەمویان لە منداڵانی کەسانێکن کە رێنمایمان کردون بۆ رێی راستو هەڵمان بژاردن بۆ پێغەمبەرایەتی، ئەوانە هەر کاتێك ئایەتەکانی خوای خاوەن سۆز بخوێنرێتەوە بەسەریاندا بە حاڵەتی گریانەوە سوجدە ئەبەن بۆ(الله) واتە : پێغەمبەرانو پیاوچاکانو خواناسانی راستەقینە هەر کاتێ فەرمودەی خوایان ئەبیست زۆر بەخێرای گەردن کەچی خۆیان دەرئەخستو دەگریان،

(٥٩) بەڵام دوای ئەوان کۆمەڵێکی تر هاتن نوێژەکانیان فەوتان و لە کاتی خۆیانداو بەرێك و پێکی نەیان دەخوێندو دوای ئارەزۆکانی خۆیان کەوتن و گوێیان بە ئایین نەدا ، جا بەم زووانە ئەوانە دوچاری لەناوچون وبەد بەختی دەبن و بەر سزای دنیاو دوارۆژ دەکەون. پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {حُفَّتْ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ وَحُفَّتْ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ. /مسلم وغيره/ واتە: چوار دەوری بەهەشت بە سەختی و دژواریەکان داپۆشراوەو ئاگری دۆزەخیش بە شەهوت و ئارەزۆکان داپۆشراوە}. جا ئەوکەسەی کە بەهەشتی دەوێت با خۆی بۆ سەختی ودژوارییەکان ئامادە بکات و ئەوەش شوێنی مەیل و ئارەزۆکانی دەکەوێت با خۆی بۆ ئاگر ئامادە بکات.

(٦٠) مەگەر ئەوکەسەی کەوا تەوبەی کرد بێ و کرداری چاکی ئەنجام دابێت، ئەوسا ئا ئەوانە دەچنە ناو بەهەشتەوەو هیچ ستەمێکیان لێ ناکرێت، کەواتە مەسەلەی نوێژ مەسەلەیەکی زۆرگرنگە چونکە هێڵی پەیوەندی راستەقینەی مرۆڤە لەگەڵ خواداو میعراجی باوەڕدارانەو یەکەم پرسیاری رۆژی قیامەتەو پاك کەرەوەی تاوان و گوناهەو نیشانەی جیاکرنەوەی باوەڕدارانە لە بێ باوەڕان، وەك پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: (بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ وَالْكُفْرِ تَرْكُ الصَّلَاةِ. /مسلم وغيره / واتە: نێوانی پیاوو نێوانی شیرك و کوفر، واز هێنانە لە نوێژ، جا ئەگەر وازت لێ هێنا موشریك وبت پەرستیت، وە هەر لەسەر ئەم جۆرە فەرمودانەیە کە هەندێ لە زانایان نوێژنەکەر بەکافر دەزانن وەکو مەشهورە لە ئیمام ئەحمەدەوەو قەولێکی ئیمامی شافیعیشە، وە عەبدولای کوڕی شەقیق دەڵێ: (كَانَ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا يَرَوْنَ شَيْئًا مِنْ الْأَعْمَالِ تَرْكُهُ كُفْرٌ غَيْرَ الصَّلَاةِ./ الترمذي، الحاكم، صححه الألباني/ کەوابو کۆی دەنگی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺلە سەر ئەوەیە کە ئەوەی واز لە نوێژ بهێنێت کافرەو لە دین دەرچوە. ئینجا خوای دەسەڵاتدارو زانا باسی ئەو بەهەشتە دەکات و دەفەرموێ:

(٦١) ئەو بەهەشتانەی کە جێگەی دانیشتن و مانەوەیە، ئەو بەهەشتەیە کەوا ئەو زاتە بەسۆزو بەخشندەیە بەڵێنی داوە بیدات بە بەندەکانی کە لە شتە نهێنیەکانەو باوەڕدار بە بێ ئەوەی کە دیتبێتی باوەڕی پێی هەیە. بەڵێ خوای بەسۆز بەڵێنی بەهەشتی بەوانەی داوە کە لەو کات و شوێنانەی کە هیچ کەسیان لێوە دیار نیە هەر بەندەیی ئەوون و لێی دەترسن، بێگومانیشە کە بەڵێنی (اللَّهُ) جێ بەجێ کراو دەبێت.

(٦٢) ئەوان لە ناو ئەو بەهەشتانەدا هیچ قسەیەکی خراپ نابیستن بێجگە لە وشە گەلێکی پاك و جوان وەك زیکری(اللَّهُ)و بیستنی قسەکانی و سڵاو کردن، سڵاوی ئەهلی بەهەشتی لە یەکتری و بیستنی قسەی فریشتەکان و حۆریەکان، وە بەیانیان و ئێواران بە لێشاوو بێ ژمارە خواردن و خواردنەوەی تێدایە بۆیان، واتە: هیچ کاتێ بێ خواردن و خواردنەوە نابن، چونکە لەوێ شەوو رۆژ وەك یەکەو تەنها بەدادانی پەردەکان و لابردنیان شەوو رۆژ دەزانرێت ، جا بەو شێوەیە ئێوارەو بەیانیشی دەزانرێت. پێغەمبەرﷺدەفەرموێ: {أَوَّلُ زُمْرَةٍ تَدْخُلُ الْجَنَّةَ عَلَى صُورَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ وَالَّذِينَ عَلَى آثَارِهِمْ كَأَحْسَنِ كَوْكَبٍ دُرِّيٍّ فِي السَّمَاءِ إِضَاءَةً قُلُوبُهُمْ عَلَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ لَا تَبَاغُضَ بَيْنَهُمْ وَلَا تَحَاسُدَ لِكُلِّ امْرِئٍ زَوْجَتَانِ مِنْ الْحُورِ الْعِينِ يُرَى مُخُّ سُوقِهِنَّ مِنْ وَرَاءِ الْعَظْمِ وَاللَّحْمِ. وفي رواية، يُسَبِّحُونَ اللَّهَ بُكْرَةً وَعَشِيًّا. /متفق عليه/ واتە: یەکەم کۆمەڵێك کە دەچنە بەهەشت دەموچاوانیان وەك مانگی چواردەیەو دەدرەوشێتەوەو ئەوانەیش کە لە دوای ئەوان دەچنە ناو بەهەشتەوە دەموچاوانیان وەك جوانترین ئەستێرەی پرشنگداری روناکە لە ئاسمانگداو دڵیان وەك دڵی یەك پیاوە کە دڵیان سافەو هیچ رق و قین نیە لەناویاندا، جاحەسادەت نیەو هەریەك لەوان دوو هاوسەریان لەو حۆریە چاوگەورەو سپی و جوانانەیان هەیە کە مۆخی ناوی ئێسقانی لاقیان لە ژێر ئێسقان و گۆشتەوە دیارە... کەبە بەردەوامیش زیکرو یادی (اللَّهُ) دەکەن}. جا(اللَّهُ) دەفەرموێ:

(٦٣) ئەوە ئەو بەهەشتەیە کە ئێمە بەکەلەپورو ئیرس دەیدەین بە بەندەکانمان ئەو کەسەی کە لە خوا ترسەو لە تاوان و خراپە خۆی پاراستوە. پێغەمبەرمانﷺدەفەرموێ: {لَا يَدْخُلُ أَحَدٌ الْجَنَّةَ إِلَّا أُرِيَ مَقْعَدَهُ مِنْ النَّارِ لَوْ أَسَاءَ لِيَزْدَادَ

شُكْرًا وَلَا يَدْخُلُ النَّارَ أَحَدٌ إِلَّا أُرِيَ مَقْعَدَهُ مِنْ الْجَنَّةِ لَوْ أَحْسَنَ لِيَكُونَ عَلَيْهِ حَسْرَةً./البخاري/ واتە:هەر کەس کە دەچێتە ناو بەهەشتەوە ئەو شوێنەی ناو ئاگری دۆزەخی پیشان دەدرێت کە ئەگەر تاوانبارو کافر بوایە دەچوە ناویەوە تابەهەشتی بەلاوە زۆرتر خۆش ببێتو زیاتر سوپاسی پەروەردگاری بکات کە هیدایەتی داوەو لە شوێنە رزگاری کردوە، وە هەرکەسێکیش کە دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە ئەوشوێنەی ناو بەهەشتی پیشان دەدرێت کە ئەگەر موسڵمانو پیاو چاك بوایا دەچوە ناویەوە تا داخو خەفەتی زۆرتر بخوات} ئەم ئایەتەش باس لە ئیرس دەکات، چونکە هەروا کە لە فەرمودەکە دا هاتوە هەمو کەسێك لە بەهەشتو لە دۆزەخدا جێگای دیاری خۆی هەیە، جا جێگای ئەوانەی کە دەچنە دۆزەخەوە لە بەهەشتدا دەمێنێتەوەو خوای میهرەبان ئەوەش ئەدات بە باوەڕداران بێجگە لە جێگای خۆیشیان، جا لە ناو مرۆڤیشدا لە هەزار کەس یەك کەس ئەچێتە بەهەشتەوە نۆسەدو نەوەدو نۆی ئەچێتە دۆزەخەوە، خۆ ئەبێ ئیرس باوەڕداران لە بەهەشتەدا چەندێك بێت؟ عەبدولای کوڕی عەباس ئەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ وتی بە جوبرەئیلم وت: {مَا يَمْنَعُكَ أَنْ تَزُورَنَا أَكْثَرَ مِمَّا تَزُورُنَا فَنَزَلَتْ.هذه الآية،/البخاري،الترمذي،أحمد/ واتە: چ شتێك رێگەت لێ ئەگرێ کە تۆ سەردانمان بکەیت زۆر زیاتر لەمەی کە ئێستا دەی کەیت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەی پێغەمبەردا ئەم ئایەتە دابەزی کە دەفەرموێ :

(٦٤) جوبرەئیل وتی: ئێمە ناتوانین دابەزیین مەگەر بە فرمانی پەروەردگارت، بڕیار هەر بۆ ئەوە لە پێش دەممانداو کە چوەولە پشت سەرماندا کە دێتو لەنێوانیشیاندا کە ئیستایە، واتە: هەمو هەڵسو کەوتی ئێمە لە هەمو کاتێکدا بەفرمانی (ﷲ)یەو تا ئەو فرمان بەسەر ئێمەدا نەدات ناتوانین هیچ جموجوڵێك ئەنجام بدەین، وە پەروەردگارت هیچی لەبیر ناچێتەوە، هەر کات پێویست بێت بت بینم فرمانی دابەزینمان بەسەردا ئەدادتو ئێمەش بەبێ دواکەوتن دێینە لات بەراستی پەروەردگارت کار بەجێو زانایە.

رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَٱعْبُدْهُ وَٱصْطَبِرْ لِعِبَٰدَتِهِۦ
هَلْ تَعْلَمُ لَهُۥ سَمِيًّا ﴿٦٥﴾ وَيَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ أَءِذَا مَا مِتُّ لَسَوْفَ
أُخْرَجُ حَيًّا ﴿٦٦﴾ أَوَلَا يَذْكُرُ ٱلْإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ
وَلَمْ يَكُ شَيْـًٔا ﴿٦٧﴾ فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَٱلشَّيَٰطِينَ ثُمَّ
لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا ﴿٦٨﴾ ثُمَّ لَنَنزِعَنَّ مِن كُلِّ
شِيعَةٍ أَيُّهُمْ أَشَدُّ عَلَى ٱلرَّحْمَٰنِ عِتِيًّا ﴿٦٩﴾ ثُمَّ لَنَحْنُ أَعْلَمُ بِٱلَّذِينَ
هُمْ أَوْلَىٰ بِهَا صِلِيًّا ﴿٧٠﴾ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ
حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾ ثُمَّ نُنَجِّى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ
فِيهَا جِثِيًّا ﴿٧٢﴾ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا ﴿٧٣﴾ وَكَمْ
أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَحْسَنُ أَثَٰثًا وَرِءْيًا ﴿٧٤﴾ قُلْ مَن
كَانَ فِى ٱلضَّلَٰلَةِ فَلْيَمْدُدْ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ مَدًّا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوْا۟ مَا يُوعَدُونَ
إِمَّا ٱلْعَذَابَ وَإِمَّا ٱلسَّاعَةَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ شَرٌّ مَّكَانًا
وَأَضْعَفُ جُندًا ﴿٧٥﴾ وَيَزِيدُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْا۟ هُدًى ۗ
وَٱلْبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ مَّرَدًّا ﴿٧٦﴾

(٦٥) کە پەروەردگاری ئاسمانان و زەوی وئەوەیە کە لە نێوانیاندایە دەی تۆیش زیاتر بیپەرستەو بەندایەتی بۆ بکە ، ئەوسا خۆت رابگرە لەسەر بەندایەتی ئەو زاتە گەورەو بەدەسەڵاتەو بەردەوام بە لەسەری، چونکە ئەو پەروەردگاری تۆیەو هەموشتت بەدەست ئەوە، ئایا تۆ هیچ وێنەو ناوو زاتێك ئەبینی لەو بچێت کە شیبای ئەوە بێت کە بیپەرەستی؟ کەوابو تەنها ئەو زاتە بپەرستە کە هیچ هاوبەشو هاوشێوەی نیە نەلەناویاو نەلە زاتیاو نەلە کرداریدا، بەداخەوە لەگەڵ ئەو هەمو بەڵگە گەورەو زۆرانە لەسەر یەکتایو دەسەڵاتی (ﷲ) هێشتا هەندێ خەڵك لەبارەی زیندو بوونەوەی پاش مردن گومانیان هەیەو بیر لە زاناییو هێزی (ﷲ) ناکەنەوەو نەزانانە دەم لە نهێنیەکان دەکوتن.

(٦٦) جا ئەو مرۆڤە ئەڵێ: ئایا هەرکاتێ مردم تازە لە دواییدا زیندو دەکرێمەوەو لە گۆڕ دەردەهێنرێم؟ ئەم دروستکرنە وەی دووهەمەی زۆر بەلاوە دورە، جا (ﷲ)یش لە وەڵامیاندا دەفەرموێ:

(٦٧) ئایا ئەو مرۆڤە بیر ناکاتەوە کە ئیمە ئەومان لەسەرەتادا دروستکردوە، لە حالێکدا کە ئەو هیچ نەبوە؟ جا ئایا کامیان دژوار ترە ئەوەی کە هەر لە نەبون دروستکرێت یان ئەوەی کە لە سەر شێوازو پاشماوەی پێشویی دروستکرێت؟ ئاشکرایە بەبەراوردی ئێمە یەکەمیان دژوارترە بەڵام هەردوو لەلای ئەو زاتە زۆر ئاسانن.

(٦٨) سا سوێند بە پەروەردگارت ئەی محمدﷺ ئەوانو شەیتانەکانی هاوڕێ وگومڕاکەریان زیندو دەکەینەوەو کۆیان دەکەینەوە بۆ حیساب، لە پاشان هەمویان ئامادە دەکەینو لەسەر ئەژنۆ، لەسەر لێواری دۆزەخ دا دەنیشن.

(٦٩) پاشان لە هەمو دستەو کۆمەڵێك کامیان کە زۆرتر لە بەرامبەر ئەو زاتە میهربانەوە ملهوڕی کرد بێت ئەوە دەر دەهێنین و توڕی دەدەینە ناو ئاگرەوە. ئەوە نەبێ کە ئێمە نەزانین کە کامیان زۆرتر کوفرو ستەمو تاوانی کردوەو دژبە فرمانەکانی (ﷲ) راوەستاوە.

(٧٠) لە پاشان ئێمە چاك ئەزانین کە کامیان شایستەترە کە پێش هەمویان بخرێتە ناو دۆزەخەوە. بەڵێ خوای زاناو کار بەجێ خۆی مرۆڤ و خەیاڵەکانی ناو دەرونی دروست دەکات ئیتر چۆن دەبێ نەزانێ کێ خراپە کارترو ستەم کارترە؟ بەڵێ دۆزەخ لەبەردەم هەمو کەسێك دایەو کەسی لێ رزگار نابێ وەکو دەفەرموێ:

(٧١) جا سوێند بێت ئەی مرۆڤ هەموتان ئەبێ سەر بە دۆزەخ دا بکەن ئەمە فرمانێکی جێبەجێ کراوو نەگۆڕی پەروەردگارتە.کە بێشك دەبێ بەجێ بێت

(٧٢) ئینجا ئەوانەی کە لە الله ترساون وخۆیان لە خراپە پاراستوە ئێمە لەدۆزەخ رزگاریان دەکەینو دەیانبەینە ناو بەهەشتەوە، بەڵام ئەوانەی کەوا ستەمکارن لەسەر ئەژنۆ لە ناو دۆزەخ دا دەیان هێڵینەوە، جا بت پەرست وکافران بۆ هەمیشە لەوێدا ئەبن بەڵام تاونبارانی باوەڕدار بەگوێرەی تاوانەکەی سزا دەدرێن لە پاشان بە شەفاعەتی پێغەمبەران و پیاوچاکان وشەهیدانو سۆزو بەزەی پەروەردگارخۆی لە ئاگری دۆزەخ رزگاریان ئەبێ. بەڵێ ئەی باوەڕداران، وە ئەی خەلکینە بەگشتی تەماشا بکەن وچاك ورد ببنەوە چ رۆژێکی پڕ مەترسی ودرێژو پڕ داخ وخەفەت لەپێش دەمتایە کە پێویستی بەتێشوی چاكو زۆرە، وە تەنها لەم تەمەنە کورتەدا ئەتوانی بەدەستی بهێنیت جا ورد بەرەوەو زوو فریای خۆت بکەوە، هەندێك ئەڵێن ئەو چونە دۆزەخەی راستان تەنها پەڕینەوەیە لەسەر پردی دۆزەخ کە مەشهورە بەپردی سیرات، وە تا نامەی خوا نەیەت بۆ باوەڕدار هیچ باوەڕدارێکیش ماوەی پێ نادرێت کە لەو پردە بپەڕێتەوەو هەرکەس بە گوێرە کردەوەی خۆی بەسەر ئەو پردە دا تێدەپەڕێت، پیغەمبەرﷺدەفەرموێ:{ يُوضَعُ الصِّرَاطُ بَيْنَ ظَهْرَانَيْ جَهَنَّمَ عَلَى حَسَكٍ كَحَسَكِ السَّعْدَانِ ثُمَّ يَسْتَجِيزُ النَّاسُ فَنَاجٍ مُسَلَّمٌ وَمَخْدُوجٌ بِهِ ثُمَّ نَاجٍ وَمُحْتَبَسٌ بِهِ وَمَنْكُوسٌ فِيهَا./ابن ماجه، احمد، صححه الألباني/ واتە: پردی سیرات لە نێوان دۆزەخ دا لە سەر درِكو دالێك وەك درِكو داڵە قولاپیەکانی گیای سەعدان دادەنرێت پاشان خەڵك بەسەریدا تێدەپەڕن ، جا هەندێکیان بە سالی رزگار دەبنو هەندێکیان بریندار دەبن، پاشان لە ئەنجامدا رزگاریان دەبێتو تێدەپەڕنو هەندێکیان رێیان پێدەگیرێتو ناتوانن لێی تێ بپەڕنو هەندێکیشیان دەکەونە خورەوە بۆ ناو ئاگری دۆزەخ } بەشێك لە زانایان پێیان وایە مەبەست لە ﴿وَارِدُهَا﴾ چونەناوە کە یەکێك لە بەڵگەکانیان حەدیسەکەی حەفسەی دایکی موسڵمانانە کە دەڵێت: پێغەمبەرﷺفەرموی:{ إِنِّي لَأَرْجُو أَلَّا يَدْخُلَ النَّارَ أَحَدٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ تَعَالَى مِمَّنْ شَهِدَ بَدْرًا وَالْحُدَيْبِيَةَ. واتە: ئومێدی ئەوە دەکەم کە ئێنشائەڵا هیچ کام لە وانەی کە لە غەزای بەدرو لە حودەیبییە دا ئامادەبوون نەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، جا کە وای فەرمو منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئەی ئەوە نییە کە (ﷲ) دەفەرموێ: ﴿ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴾ پێغەمبەرﷺفەرموی: ئەی نەتبیستوە کە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا ﴾ لەم فەرمودەیە کە ئیمامی مسلمو جگە لەویش هێناویانە ئەوە دەردەکەوێت کە حەفسە وا تێدەگات کە مەبەست لە

﴿وَارِدُهَا﴾ چونە ناوەوە، هەمو خەڵك دەگرێتەوە، جا پێغەمبەریش دان دەنێت بەو تێگەیشتنەدا بەڵام درێژەی ئایەتەکەی بیردەخاتەوەو تێی دەگەیەنێت کە ئەگەر چی ئەهلی بەدرو حودەیبیە وەك هەمو خەڵك دەچنە ناو دۆزخو لێی تێدەپەڕنو ئەو سوێندەی پەروەردگاریش بەجێ دێت بەڵام توشی هیچ سزاو ئێشو ئازار نابن، واتە: مەبەستی فەرمودەکە لە نەچونە ناو ئاگر توش نەبونە بە سزای ئاگر. جا جارێکی تر ئەمان هێنێتەوە سەر دنیاوو هەڵوێستی ئەو بێ باوەڕانەمان بۆ باس ئەکات کە ئێستا لە ناو سزای پەروەردگارنو دەفەرموێ:

(٧٣) خۆ هەرکاتێ ئایەتە رۆشنکەرەوەکانی ئێمەیان بۆ بخوێنرێتەوەو راستو ناڕاستیان بۆ شی بکرێتەوە لە جیاتی ئەوە باوەڕ بهێننو رو بکەنە خوا پەرستی، ئەو بێ باوەڕانە کە بەگاڵتەو بە سوك تەماشای باوەڕداران ئەکەنو ستەمکارانو ملهوڕانو تاوانبارانیان بەلاوە چاکترە، بە باوەڕداران دەڵێن: دەی کام لەو دوو کۆمەڵە ئێمە یان ئێوە شوێنی خۆش ترەو مەجلسی گەرمو گوڕترە؟ واتە: دنیا پەرستان تەنها تەماشای ژیانی خۆشو مەجلیسی گەرمو سامانی زۆر دەکەن کە (ﷲ)بە کافرانی داوەو باوەڕداران بەزۆری لەو شتانە بێ بەشن جا ئەوان ئەمە بە نیشانەی لەسەر حەق بوونو چاکیو خۆشبەختی خۆیان دەزانن، هەر بۆیە (ﷲ) بە توندی دەم کوتیان دەکات.

(٧٤) لە حاڵێکدا ئێمە لە پێش ئەواندا زۆر وڵاتمان لەناو بردووە کە ئەوان هەم لە ماڵ وساماندا هەم لەسەرو سیمایاندا زۆر زۆر لەمان جوانترو سەروەتو ساماندارتر بوون، واتە: سەروەتو سامانو سیمای جوان بەڵگەی چاکی نیە.

(٧٥) بڵێ بەراستی ئەوانەی کە لە گومڕاهی دان ئەگەر دەوڵەمەندو جێگاو سیما شیرینن بەرواڵەت، جا لەبەر ئەوەیە کە ئەوان تەنها دنیایان هەیە هەر چەند کە لاسارو خراپیشن، ئەو زاتە میهرەبانە لەم دنیایەدا شتی چاکی زۆریان پێ دەداتو ماوەیشیان دەداتێ هەتا ئەو کاتەی کە چاویان دەکەوێت بەهاتنە دی ئەوەی کە بەڵێنیان پێدراوە،

أَفَرَءَيْتَ ٱلَّذِى كَفَرَ بِـَٔايَـٰتِنَا وَقَالَ لَأُوتَيَنَّ مَالًا وَوَلَدًا
(٧٧) أَطَّلَعَ ٱلْغَيْبَ أَمِ ٱتَّخَذَ عِندَ ٱلرَّحْمَـٰنِ عَهْدًا (٧٨) كَلَّا
سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُۥ مِنَ ٱلْعَذَابِ مَدًّا (٧٩) وَنَرِثُهُۥ
مَا يَقُولُ وَيَأْتِينَا فَرْدًا (٨٠) وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً
لِّيَكُونُوا۟ لَهُمْ عِزًّا (٨١) كَلَّا ۚ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ
عَلَيْهِمْ ضِدًّا (٨٢) أَلَمْ تَرَ أَنَّآ أَرْسَلْنَا ٱلشَّيَـٰطِينَ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ
تَؤُزُّهُمْ أَزًّا (٨٣) فَلَا تَعْجَلْ عَلَيْهِمْ ۖ إِنَّمَا نَعُدُّ لَهُمْ عَدًّا (٨٤)
يَوْمَ نَحْشُرُ ٱلْمُتَّقِينَ إِلَى ٱلرَّحْمَـٰنِ وَفْدًا (٨٥) وَنَسُوقُ ٱلْمُجْرِمِينَ
إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا (٨٦) لَّا يَمْلِكُونَ ٱلشَّفَـٰعَةَ إِلَّا مَنِ ٱتَّخَذَ عِندَ
ٱلرَّحْمَـٰنِ عَهْدًا (٨٧) وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَـٰنُ وَلَدًا (٨٨) لَّقَدْ
جِئْتُمْ شَيْـًٔا إِدًّا (٨٩) تَكَادُ ٱلسَّمَـٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ
وَتَنشَقُّ ٱلْأَرْضُ وَتَخِرُّ ٱلْجِبَالُ هَدًّا (٩٠) أَن دَعَوْا۟ لِلرَّحْمَـٰنِ وَلَدًا
(٩١) وَمَا يَنۢبَغِى لِلرَّحْمَـٰنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا (٩٢) إِن كُلُّ مَن فِى
ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ إِلَّآ ءَاتِى ٱلرَّحْمَـٰنِ عَبْدًا (٩٣) لَّقَدْ أَحْصَىٰهُمْ
وَعَدَّهُمْ عَدًّا (٩٤) وَكُلُّهُمْ ءَاتِيهِ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَرْدًا (٩٥)

جا یان سزا ئەدرێن یان قیامەت دێت ، ئەوسا ئەو کاتە چاك ئەزانن کێ خراپترین جێگە و لاواز ترین سەربازی هەیە. وە ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەیان بوو کە لە دنیادا بە باوەڕدارانیان دەوت: تەماشا بکەنو بزانن کاممان سەروتو سامانو دەستەو دایەرەی زۆرترمان هەیە؟

(٧٦) جا (ﷲ) ئەوانەی کە ڕێگای راستیان گرتوە ڕێنماییو ڕێ رونکردنەوەیان بۆ زیاد دەکات تا بە چاکی لەم ژیانەدا پەروەردگاری خۆیان بناسنو بەچاکی بەندایەتی بۆ بکەن ، وە ئەو چاکانەی کە ئەمێننەوەو لە لای پەروەردگارت ئەی محمدﷺهەر ئەوە پاداشتو ئەنجامی چاکترە بۆ ساحیبەکەی. لەسەر ﴿ وَٱلْبَـٰقِيَـٰتُ ٱلصَّـٰلِحَـٰتُ ﴾ لە سورەتی الكهف دا قسەمان کردوە، واتە: ئەگەر چی بێ باوەڕان بەدنیای خۆیان دەنازن ، بەڵام با بزانن ئەوانە لە ناو دەچنو هەر بەندایەتی بۆ پەروەردگارو کردارە چاکەکانن کە دەمێننەوە کە وتنی ئەم وشانەو پەیڕەوی کردنی ماناکانی بەشێکە لەو چاکانە (سبحان الله والحمد لله ولا اله الا الله والله اكبر ولا حول ولا قوة الا بالله) کە ئەمانە هەمویان هۆی خێرو خۆشیو زیادبونی نازو نیعمەتی

بەهەشتن بۆ ئەو کەسەی کەبەراستی لەدنیادا بەکاریان دەهێنیٚو لە کردارو وتاریدا رەنگ ئەداتەوە، بەڵام ئەمانە هەتا بەنهێنیو کاتی تەنیاییدا بێ خێری زیاترەو دورترە لە ریایی و خۆ پیشاندانەوە، ئەڵێن خەباتی کوڕی ئەرەت قەرزی بەلای عاسی کوڕی وائیلەوە بوو داوای لێ کرد ئەویش وتی پێت نادەمەوە تا بێ باوەڕ نەبی بە محمد ﷺ ئەڵێ: منیش وتم بێ باوەڕ نابم پێی تا ئەو کاتەی تۆ ئەمریتو زیندو ئەکرێیتەوە، ئەویش وتی: ئایا من پاش مردن زیندو دەکرێمەوە؟! دەی مادام وایە لەوێ کاتێ گەڕامەوە بۆ ناو ماڵو منداڵم بۆت دەبژێرمەوە؟ جا لە وەڵامی ئەو تاوانبارەدا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە کە دەفەرموێ:

٧٧ ئایا نابینیتو ئاگات لەو کەسە نیە کە بێ باوەڕە بە نیشانەکانی ئێمەو ئەڵێ لەوێ ماڵ و منداڵان پێ ئەدرێتەوە وەك چۆن لە دونیادا پێمان دراوە، واتە: ئەڵێ ئەگەر قیامەت راست بێ لەوێش ئێمە هەر خاوەن ماڵومنداڵ دەبین؟! جا (ﷲ) دەفەرموێ:

٧٨ ئایا نهێنی ئەزانێ کە ئەوەی بۆ دابین کراوە؟ یان لەلای ئەو زاتە میهرابانەوە پەیمانێکی وەرگرتوەو دڵنیایە کە(ﷲ) بەڵێنی خۆی ئەباتە سەر؟ واتە کام لەو دوو بەڵگانەیی بەدەستەوەیە کە ئەوەندە دڵنییایەو خۆی بە بەهەشتی دەزانێو پێی وایە کە ماڵو منداڵیشی لە بەهەشتدا پێ ئەدرێتەوە؟ ئاشکرایە کە لە غەیب نازانێت، چونکە هەر زاتی (ﷲ)یە کە لێی ئاگادارە، وە لەو باوەڕدارەیش نیە کە ئەو زاتە بە هۆی ئیمانو باوەڕیەوە بەڵێنی نازو نیعمەتی بەهەشتی پێدابێت، بەراستی ئەم مرۆڤە بێ باوەڕەو درۆزنیشەو بەدرۆوە خۆی سەر گەرم کردووە، خوای باڵادەستیش دەفەرموێ:

٧٩ شتی وەها نیەو نابێتو ئێمە دەی نووسین ئەو قسەو درۆو نارەوایەی کە ئەو دەیلێتو لە رۆژی دوایشدا سزای نەبراوەی بەسەردا دەدەین. واتە: ئەوەی کە لە پاشە رۆژدا بۆی دابین کراوە نازو نیعمەت نیە بەڵکو سزایەکەو رۆژ بە رۆژ لە سەری زیاد دەکرێت،

٨٠ خۆ ئەو ماڵ و منداڵەی کە ئەو ئەنازێ پێیدا ئێمە لێی دەسێنینەوەو خۆی بەتەنها دێت بۆ لای ئێمە بۆ حساب نەماڵی لەگەڵ دایەو نەمنداڵ. بەڵێ عاسی کوڕی وائیل ئەگەرچی لە دوای دابەزینی ئەم ئایەتانە ماوەیەکی زۆری بۆ رەخسا بۆ ئەوەی لەو هەڵەیە بگەڕێتەوە بەڵام بەڵێنەکانی (ﷲ) بەجێ هاتو پێش هیجرەتی پێغەمبەرﷺ لە مەکە دا بە کافری مرد. پاشان پەروەردگار زیاتر ئیشە ناشیرینەکانی ئەوان ئاشکرا ئەکاتو دەفەرموێ:

٨١ ئەمانە بێجگە لە (ﷲ) چەند خوایەکی تریان داناوە بۆ خۆیان تا ئەوان بەهۆی ئەو خوایانەوە ببن بە خاوەن هێزو دەسەڵاتو لە سزای دوا رۆژیش لە ئەماندا ببن. بەڵام (ﷲ) دەفەرموێ:

٨٢ نەخێر وانیە، ئەوانە نەك نابن بە هۆی بەرزیو رزگاریان بەڵکو بەم زوانە لە رۆژی قیامەت دا هەر ئەو خوایانەی کە ئەوان بۆ خۆیانیان داناوە لە ترسی سزای (ﷲ) بەو بەندایەتیەی ئەوان بۆ خۆیان نارازینو دانی پێدانانێن، بەڵکو ئەوان لەرۆژی قیامەت دا ئەبن بە دوژمنیانو لە دژیشیان قسە دەکەن.

٨٣ ئایا تۆ نابینی ئەی محمدﷺ کە ئێمە شەیتانەکانمان واز لێ هێناوەو رەوانەمانەمان کردونەتە سەر بێ باوەڕان تا سەریان لێ تێك بدەنو هەڵیانێن بۆ ئەنجامدانی ئیشی خراپو تاوان.

٨٤ کەوابو تۆ پەلەت نەبێ لەسەر سزاو لەناو بردنیان، چونکە ئێمە بێ ئاگا نین لێیان، بەڵکو ئێمە رۆژەکانی تەمەنیان کە ژمارەیەکی دیاری کراوە بۆ دەژمێرینو تا رۆژێك لەو تەمەنەیان مابێ دەبێ بمێنن و هەر کاتێکیش کە رۆژەکانی تەمەنیان دوای هات بە بێ دواکەوتن دەگەن بەسزای ئیشە خراپەکانی خۆیان.

٨٥ جا یادی ئەوە رۆژە بکەن کە ئێمە پارێزکاران کۆ ئەکەینەوەو بەرەو رەحمان نوێنەر ئاسا بەرێ ئەکرێن بۆ وەرگرتنەوەی پاداشتی ئیشە چاکەکانیان.

(٨٦) خۆ هەر لەو کاتەشدا پاڵ بەو تاوانبارانەوە ئەنێین لە حاڵێك دا کە ئەوان زۆر تینویانەو رایان دەکێشین بەرەو دۆزەخ،

(٨٧) کە ئەوان خاوەنی هیچ پاڵ پشتو شەفاعەتکارێك نین، بەڵام ئەو کەسەی کە بە هۆی ئیمانو کردەوەی چاکەوە پەیمانی شەفاعەتی لە خوای بەخشندە وەرگرتوە کە باوەڕدارانن دەتوانن تکاو پاڵپشتیو شەفاعەتی یەکتری بکەن، چونکە خوای میهرەبان لە کتێبەکەی داو لە سەر زمانی پێغەمبەرەکەی ئەو بەڵێنەی پێ داون وەك پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموی: {مَا مُجَادَلَةُ أَحَدِكُمْ فِي الْحَقِّ يَكُونُ لَهُ فِي الدُّنْيَا بِأَشَدَّ مُجَادَلَةً مِنْ الْمُؤْمِنِينَ لِرَبِّهِمْ فِي إِخْوَانِهِمْ الَّذِينَ أُدْخِلُوا النَّارَ قَالَ يَقُولُونَ رَبَّنَا إِخْوَانُنَا كَانُوا يُصَلُّونَ مَعَنَا وَيَصُومُونَ مَعَنَا وَيَحُجُّونَ مَعَنَا فَأَدْخَلْتَهُمْ النَّارَ قَالَ فَيَقُولُ اذْهَبُوا فَأَخْرِجُوا مَنْ عَرَفْتُمْ مِنْهُمْ قَالَ فَيَأْتُونَهُمْ فَيَعْرِفُونَهُمْ بِصُوَرِهِمْ فَمِنْهُمْ مَنْ أَخَذَتْهُ النَّارُ إِلَى أَنْصَافِ سَاقَيْهِ وَمِنْهُمْ مَنْ أَخَذَتْهُ إِلَى كَعْبَيْهِ فَيُخْرِجُونَهُمْ فَيَقُولُونَ رَبَّنَا قَدْ أَخْرَجْنَا مَنْ أَمَرْتَنَا قَالَ وَيَقُولُ أَخْرِجُوا مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ وَزْنُ دِينَارٍ مِنْ الْإِيمَانِ ثُمَّ قَالَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ وَزْنُ نِصْفِ دِينَارٍ حَتَّى يَقُولَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ وَزْنُ ذَرَّةٍ./النسائي، ابن ماجه، صححه الألباني/ لە دنیادا هیچ دەمەقاڵەو مشتو مڕێکتان نەکردوە کە توندتر بێت لەوەی کە باوەڕداران بۆ پارێزگاری لەو برایانەیان کە چونەتە ناو ئاگری دۆزەخەوە لە گەڵ پەروەردگاریاندا دەیکەن .فەرموی: دەڵێن ئەی پەروەردگارمان: ئەوانە براکانی ئێمەنو کە لەگەڵ ئێمە دا نوێژیان دەخوێندو رۆژویان دەگرتو حەجیان دەکرد، جا ئیستا تۆ ئەوانت خستوەتە ناو ئاگرەوە؟ ئەفەرموی: ﷲ پێیان دەفەرموێ: بڕۆن کام لەوان دەناسن دەریان بهێنن ئەوسا ئەوانیش دەڕۆن بۆ لایانو بە سەرو سیمایاندا دەیاننانسنەوە، جا هەندێکیان تا نیوەی لاقیو هەندێکی تریان تا قاپی پێی سوتاوە، ئینجا دەریان دەهێننو دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ئەوەی کە فرمانت پێداوین دەرمان هێنا، جا پەروەردگار دەفەرموێ: دەری بهێنن ئەوەش کە بە ئەندازەی قورسای دینارێك لە دڵیدا ئیمان هەیە، پاشان دەفەرموێ: ئەوکەسەش کە بە ئەندازەی قورسای نیو دینار لە دڵیدا ئیمان هەیە تا لە ئەنجام دا، دەفەرموێ: ئەو کەسەش کە بە ئەندازەی قورسای گەردیلەیەك لە دڵیدا ئیمان هەیە دەری بهێنن. وە هەروەها ئەوانەی کە کردەوەی چاکیان هەیە ئەو کردەوانە لەو دنیادا تکاو شەفاعەتیان بۆ دەکەن. پێغەمبەرﷺدەفەرموێ: {الصِّيَامُ وَالْقُرْآنُ يَشْفَعَانِ لِلْعَبْدِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَقُولُ الصِّيَامُ أَيْ رَبِّ مَنَعْتُهُ الطَّعَامَ وَالشَّهَوَاتِ بِالنَّهَارِ فَشَفِّعْنِي فِيهِ وَيَقُولُ الْقُرْآنُ مَنَعْتُهُ النَّوْمَ بِاللَّيْلِ فَشَفِّعْنِي فِيهِ قَالَ فَيُشَفَّعَانِ./ احمد، الطبراني، صححه الالباني/ رۆژوو قورئان لە رۆژی قیامەتدا شەفاعەت دەکەن بۆ بەندە، رۆژو دەڵێ: ئەی پەروەردگارم : لە رۆژدا بەرگریم لە خواردنو ئەنجامدانی ئارەزۆکانیم کرد جا تکاو شەفاعەتم لە بارەیەوە وەرگرە، وە قورئانیش دەڵێ: ئەی پەروەردگارم منیش رێگای خەوی شەوم لێگرت بوو، جا شەفاعەتم لە بارەیەوە وەرگرە جا ئەو دوانە بە شەفاعەتکاروەردەگیرێنو تکای بۆ دەکەن.} ئینجا (ﷲ) زیاتر پەردە لەسەر قسە ناشیرینەکانی بێ باوەڕانو گاورو جوەکان لا ئەداتو دەفەرموێ:

(٨٨) خۆوتویشیانە: (ﷲ) منداڵی هەیە.

(٨٩) بەراستی قسەیەکی زۆر گەورەو خراپتان کردووە.

(٩٠) ئاسمانەکان لە داخی ئەو قسەیەی کە ئێوە دەیکەن خەریکن لەت لەتو گاڵ گاڵ ببنو زەویش خەریکە پارچە پارچە ببێتو چیاکان خەریکن لەتو پەت ببن وبکەونە خوارەوە.

(٩١) لەبەر ئەو تاوانە گەورەی کە وتیان رەحمان منداڵی هەیە. (٩٢) لەحاڵێکدا کە رەحمان پێویستی بە منداڵ نیەو نە گونجاویشە.

(٩٣) چونکە هیچ شتێك نیە نە لە ئاسمانانو نە لە زەویدا مەگەر لە رۆژی قیامەتدا دێتە خزمەت (ﷲ)و دان بە بەندایەتی خۆیدا دەنێت، دەی ﷲ بەندەی خۆی چۆن دەکات بە منداڵو هاوشانی خۆی؟!

(٩٤) جا بەحەقیقەت (ﷲ) هەر هەموویانی ژماردووە، وەبە ژماردن ژمارەی کردون، واتە: هیچی لێ ون نابێت نە مرۆڤ

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ لَهُمُ
ٱلرَّحۡمَٰنُ وُدّٗا ﴿٩٦﴾ فَإِنَّمَا يَسَّرۡنَٰهُ بِلِسَانِكَ لِتُبَشِّرَ بِهِ
ٱلۡمُتَّقِينَ وَتُنذِرَ بِهِۦ قَوۡمٗا لُّدّٗا ﴿٩٧﴾ وَكَمۡ أَهۡلَكۡنَا قَبۡلَهُم
مِّن قَرۡنٍ هَلۡ تُحِسُّ مِنۡهُم مِّنۡ أَحَدٍ أَوۡ تَسۡمَعُ لَهُمۡ رِكۡزَۢا ﴿٩٨﴾

سُورَةُ طه ٢٠ — ١٣٥

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

طه ﴿١﴾ مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ ﴿٢﴾ إِلَّا تَذۡكِرَةٗ
لِّمَن يَخۡشَىٰ ﴿٣﴾ تَنزِيلٗا مِّمَّنۡ خَلَقَ ٱلۡأَرۡضَ وَٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلۡعُلَى ﴿٤﴾
ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ﴿٥﴾ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي
ٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا وَمَا تَحۡتَ ٱلثَّرَىٰ ﴿٦﴾ وَإِن تَجۡهَرۡ بِٱلۡقَوۡلِ
فَإِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخۡفَى ﴿٧﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ
ٱلۡحُسۡنَىٰ ﴿٨﴾ وَهَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ﴿٩﴾ إِذۡ رَءَا نَارٗا
فَقَالَ لِأَهۡلِهِ ٱمۡكُثُوٓاْ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا لَّعَلِّيٓ ءَاتِيكُم مِّنۡهَا بِقَبَسٍ
أَوۡ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ هُدٗى ﴿١٠﴾ فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِيَ يَٰمُوسَىٰٓ ﴿١١﴾
إِنِّيٓ أَنَا۠ رَبُّكَ فَٱخۡلَعۡ نَعۡلَيۡكَ إِنَّكَ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ طُوٗى ﴿١٢﴾

و نه كردارەكانی مرۆڤ وە هەر كەس بە تۆڵەی خۆی نەگات.

(٩٥) خۆ هەمویان لەرۆژی قیامەتدا بە تەنهایی دێنە لای خۆی. دەی ئەو بەندەگەلە چۆن دەبێ منداڵی (ﷲ) بن ؟!

(٩٦) بێگومان ئەوانەی كە باوەڕیان هێناوەو كردەوەی چاكیان كردوە بەم زوانە ڕەحمان خۆشەویستی خۆی بەوان دەبەخشێتو ئەبن بەمرۆڤێكی خۆشەویست لە ئاسمانانو لە زەویدا. ئەبو هورەیرە رضي الله عنه لە پێغەمبەرمانەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كەفەرمویەتی: {إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ عَبْدًا نَادَى جِبْرِيلَ إِنِّي قَدْ أَحْبَبْتُ فُلَانًا فَأَحِبَّهُ قَالَ فَيُنَادِي فِي السَّمَاءِ ثُمَّ تَنْزِلُ لَهُ الْمَحَبَّةُ فِي أَهْلِ الْأَرْضِ فَذَلِكَ قَوْلُ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمْ الرَّحْمَنُ وُدًّا. وَإِذَا أَبْغَضَ اللَّهُ عَبْدًا نَادَى جِبْرِيلَ إِنِّي أَبْغَضْتُ فُلَانًا فَيُنَادِي فِي السَّمَاءِ ثُمَّ تَنْزِلُ لَهُ الْبَغْضَاءُ فِي الْأَرْضِ./ الترمذي، صححه الالباني/ واتە: هەركاتێ (ﷲ) بەندەیەكی خۆشویست بانگ دەكاتە جوبرەئیلو دەفەرموێ: بێگومان من فلاّن بەندەم خۆش ئەوێت تۆش خۆشت بوێت، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: جا جوبرەئیلیش بانگ دەكاتە ئەوانەی كە لەئاسمانن‌و پێیان دەگەیەنێت كە (ﷲ)فلاّن كەسی خۆش دەوێت، جا ئێوەش خۆشتان بوێت لە پاشان ئەو خۆشەویستیە دائەبەزێتە ناو خەڵكی سەر زەوی‌و ئەوانیش خۆشیان دەوێت ئەوەیە كە خوای باڵادەست دەفەرموێ: {بەم زوانە ڕەحمان خۆشەویستی خۆی دائەنێت بۆیان} وەهەركاتێك (ﷲ) رقی لە بەندەیەك بوو جوبرەئیل بانگ دەكاتو دەفەرموێ: من فلاّن بەندەم خۆش ناوێ ئەویش بانگ دەكاتە ئەوانەی كە لەئاسمانن‌و لەپاشان ئەو رق وقینەی (ﷲ) دائەبەزێتە سەر خەڵكی زەوی‌و ئەوانیش خۆشیان ناوێ. ئینجا خوای میهرەبان باسی ئاسانی ئەم قورئانە پڕ پیت‌وخێرە دەكاتو دەفەرموێ:

(٩٧) سا بەراستی ئێمە ئەم قورئانەمان ئاسان كردوە لە سەر زمانت تا تۆ مژدەی بەهەشت بدەیت بەو كەسانەی كەلە خوا ئەترسن‌و خۆیان لە تاوان ئەپارێزن‌و تا بەم قورئانە بترسێنی گەلێكی لارو لاسار بەڵكو بیر بكەنەوەو واز لە خراپە بهێنن.

(٩٨) ئەوسا چەندە خەڵك‌و وڵات لەپێش ئەواندا بوون كە لەناومان بردن خۆ ئەمانە لەوان بەتواناو بەهێزتر نین دەی ئایا تۆ هەست بە هیچ كام لە وان دەكەیتو دەیانبینی؟ یان ئایا هیچ دەنگێكی هێواشیشیان لێ ئەبیسیت؟ واتە: ئەو هەمو خەڵكە بەدەسەڵاتو بەهێزەی پێش ئەوانمان لە ناو بردو كەسیش توانای قسەیەكی هێواشی نیە، جا ئەمانە تاكەی بیر نا كەنەوەو ناترسن لە (ﷲ)و لە تۆڵەی دوا رۆژ؟!

٢٠ سورەتی تاها ١٣٥

سورەتی تاها سورەتی بیستەمی قورئانە، سەدو سی‌و پێنج ئایەتە، لە مەكەدا هاتوەتە خوارەوە، بناغەی باسەكەشی هەر ئەو شتانەن كە لە سورەتە مەكیەكاندا باسیان لێكراوە وەك یەكتاپەرستی‌و پێغەمبەرایەتی‌و زیندو بونەوە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی چل‌و پێنجهەمەو پاش سورەتی (مريم)و پێش (الواقعة) دابەزیوەو لەكۆكردنەوەی قورئانیش دا پاش سورەتی مریەمە، لە سورەتی مریەم دا بە كورتی باسی بەسەرهاتی موسای كرا و لەم سورەتەشدا بە رونی چەند بەسەرهاتی بە درێژی باس دەكرێت،

هەندێك لە زانایان پێیان وایە (تاها) ناوێکە لە ناوەکانی پێغەمبەری ئازیزمانﷺ ، ئەم سورەتە یەکێکە لەو سورەتانە کە پێغەمبەرمانﷺ بە (الْمَثِين) سەدەکان، ناویان دەبات و دەفەرموێ: {وَأُعْطِيتُ مَكَانَ الزَّبُورِ الْمَثِينَ / احمد، صححه الالباني/ جا لە باتی زەبور سورەتە سەدیەکانم پێدراوە}مەبەستی ئەوسورەتانەن کە ئایەتەکانیان لە سەد زیاترە.

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) تا ها، دوو پیتە لە پیتە پارچە پارچەکانی سەرەتای هەندێك لەسورەتەکانی قورئان و هەر(اللّٰه) خۆی دەزانێ مەبەست چییە.

(٢) ئێمە ئەم قورئانەمان نەناردوە بۆ تۆ کە تۆ بەد بەخت بکات و توشی ئازار و پەژارەت بکات. وەك بێ باوەڕان دەیان وت ئەم قورئانەی محمدﷺبە تەواوی بووەتە هۆی دەردەسەری و ئازار بۆی، کەواتە بەهۆی ئەوەی کە گەلەکەت باوەڕ بە قورئان ناکات بەو داخ و خەمە خۆت لەناو مەبەو ئەوەندەش کە لە بندایەتی پێت دەکرێت هەر ئەوەندە بەجێی بهێنە کە لەراستی دا ئەم قورئانە پەندو ئامۆژگاری و عیلم و تێگەیشتنە، وانیە کەئەو بێباوەڕانە دەڵێن بەڵکو،

(٣) ئەوقورئانە تەنها هەر بۆ ئەوەیە کە ببێتە هۆی بیر خستنەوەو ئامۆژگاری بۆ ئەو کەسەی کە لە پەروەردگاری دەترسێت.

(٤) جا ئەم قورئانە نێرراوێکە لەلایەن ئەو کەسەی کە زەوی و ئاسمانە بەرزەکانی دروست کردوە .

(٥) ئەو زاتە زۆربە سۆزەی کە لە سەر عەرشدایە. ئێمەی باوەڕدار باوەڕمان بە سەقامگیر بونی اللّٰه لە سەر عەرشەوە هەیە بەو شێوەی کە شایستەی خۆیەتی و چۆنیەتیەکەی بۆ ئێمە نادیارەو نایزانین و گۆڕانی مانای وشەی (استوی) یان باس کردنی چۆنیەتی ئەو صیفەتەی پەروەردگار بڕیاردانە بە بێ عیلم و زانیاری لەسەر ئەو زاتە باڵادەستە، جا چ تاوانێك لەوە گەورەترە، لەئایەتە موتەشابیهەکانەوباس و لێکۆڵینەوە لێی دژی فەرمودەی پێغەمبەرمانە ﷺ.

(٦) ئەوەی کە لە ئاسمانان و زەوی دایەو ئەوەی کە لە نێوانیاندایەو ئەوەیش کەلە ژێر ئەم خاکەدایە هەموی هەر موڵکی ئەوە. واتە: ئەم بونەوەرە بە گیاندارو بێ گیانیەوە، بە گەورەو بە بچوکیەوە هەموی موڵکی ئەوەو هەر خۆیەتی کە خاوەن و بەدیهێنەرو پەروەردگاریان.

(٧) جا ئەگەر بە ئاشکرا قسە بکەی یان بە نهێنی لای اللّٰه گرنگ نیەو هەردووکیان لەلای ئەو یەکسانە، چونکە بێگومان ئەو زاتە ئەوەی کە مرۆڤ دەیڵێ نهێنی بێ یان شاراوە خۆی دروستی دەکات ئیتر چۆن دەبێ نەیزانێ؟

(٨) (اللّٰه) ئەو زاتەیە کە جگە لە ئەو هیچ پەرستراوێکی راستەقینەی ترنیە، هەرچی ناوی بەرزو جوان ترو خاوێن ترە تەنها شایستەی ئەو زاتەیە. ناوانێك کە لە قورئان و فەرمودە صەحیحەکاندا هاتوە ئەگەر بەوانە هاواری لێ بکرێت وەڵام دەداتەوە، هەروەها ناوانێك کە تەنها زاتی اللّٰه خۆی دەیانزانێت، ئینجا خوا داستانی موسامان بۆ باس دەکات و دەفەرموێ:

(٩) ئایا قسەو باسی موسات پێ گەیشتوە؟ داستانی موساو پێغەمبەرایەتی ئەو لێرەوە دەست پێ دەکات. پاش ئەوەی کە موسا دەساڵ شوانی تەواو کردو ئارەزۆی گەڕانەوەی ناو خزم و کەس و کاری کردو بەرەو میسر گەڕایەوە لەرێگا لە شەودا گەیشتن بە چیای "تور" جا نە ئاگریان پێ بوو نە بەو شەوەش ڕێیان دەزانی لەو کاتەدا موسا چاوی بە ئاگرێك کەوت. بۆیە بە خێزان و دەست و پێوەندەکانی وت: لێرە کەمێك بوەستن بەراستی من ئاگرێکم بەرچاو کەوت بابچم بۆ لای،

(١٠) بەڵکو هیچ نەبێ دەستەوارەیەك ئاگرتان بۆ بهێنم تا خۆتانی پێ گەرم بکەنەوە یان لە لای ئەو ئاگرە کەسێکم دەست کەوێت کە ڕێنمایمان بکات.

(١١) جا کاتێك کە چووە لای ئاگرەکە بانگ کراو پێی وترا ئەی موسا:

وَأَنَا ٱخۡتَرۡتُكَ فَٱسۡتَمِعۡ لِمَا يُوحَىٰٓ (١٣) إِنَّنِيٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠
فَٱعۡبُدۡنِي وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ (١٤) إِنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ
أَكَادُ أُخۡفِيهَا لِتُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا تَسۡعَىٰ (١٥) فَلَا يَصُدَّنَّكَ
عَنۡهَا مَن لَّا يُؤۡمِنُ بِهَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ فَتَرۡدَىٰ (١٦) وَمَا تِلۡكَ
بِيَمِينِكَ يَٰمُوسَىٰ (١٧) قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّؤُاْ عَلَيۡهَا
وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخۡرَىٰ (١٨) قَالَ أَلۡقِهَا
يَٰمُوسَىٰ (١٩) فَأَلۡقَىٰهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٞ تَسۡعَىٰ (٢٠) قَالَ خُذۡهَا
وَلَا تَخَفۡۖ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا ٱلۡأُولَىٰ (٢١) وَٱضۡمُمۡ يَدَكَ
إِلَىٰ جَنَاحِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٍ ءَايَةً أُخۡرَىٰ (٢٢) لِنُرِيَكَ
مِنۡ ءَايَٰتِنَا ٱلۡكُبۡرَى (٢٣) ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ (٢٤) قَالَ
رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي (٢٥) وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي (٢٦) وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن
لِّسَانِي (٢٧) يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي (٢٨) وَٱجۡعَل لِّي وَزِيرٗا مِّنۡ أَهۡلِي (٢٩) هَٰرُونَ
أَخِي (٣٠) ٱشۡدُدۡ بِهِۦٓ أَزۡرِي (٣١) وَأَشۡرِكۡهُ فِيٓ أَمۡرِي (٣٢) كَيۡ نُسَبِّحَكَ
كَثِيرٗا (٣٣) وَنَذۡكُرَكَ كَثِيرًا (٣٤) إِنَّكَ كُنتَ بِنَا بَصِيرٗا (٣٥) قَالَ قَدۡ
أُوتِيتَ سُؤۡلَكَ يَٰمُوسَىٰ (٣٦) وَلَقَدۡ مَنَنَّا عَلَيۡكَ مَرَّةً أُخۡرَىٰٓ (٣٧)

(١٢) بەبێگومان کە من پەروەردگاری تۆم پێڵاوەکانت لابە لە پێت بەراستی تۆ لە شیوی پیرۆزی "تور"دایت .

(١٣) خۆ من تۆم هەڵبژاردوە بۆ ئیشی خۆم، جا گوێ بگرە بۆ ئەوەی کە وحی دەکرێتە لات.

(١٤) بزانە کە بە بێگومان منم ئەو (الله)یەی کە هیچ پەرستراوێکی راستەقینەی تر بێجگە لە من نیە، دەی تۆیش بەندایەتی من بکە و تەنها من بپەرستەو بۆ یادکردنەوەی من نوێژ بکە.

(١٥) بێگومان کە قیامەت دێت، نزیك بوو بیشارمەوەو بەکەس نەڵێم تا دێت، جا هاتنی ئەو رۆژە بۆ ئەوەیە کە پاداشتی هەرکەسێك بدەمەوە بەگوێرەی ئەو ئیشانەی کە دەیکات. ئیمان بە یەکتایی پەروەردگارو بەندایەتی کردنیو باوەڕ بە پاشەرۆژ سێ بنەمای سەرەکی ئیمانی باوەڕدارە کە بێباوەڕان هەمو هەوڵێك دەدەن کە باوەڕداری لێ سارد بکەنەوەو شكو گومانی بۆ دروست بکەن.

(١٦) جا با ئەوەی کە باوەڕی بە قیامەت نییەو دوای ئارەزۆی خۆی کەوتوە نەتوانێت کە رێگات لێ بگرێت لە باوەڕ پێهێنان وباسکردنیو خۆ ئامادەکردن بۆی، ئەگەر هاتو پەیڕەویت کردن ئەوسا تۆش لە ناو دەچیت هەروەك چۆن ئەوان لە ناو چوون. ئینجا خوا فەرموی:

(١٧) ئەی موسی ئەوە چیە بە دەستی راستەوە؟ (الله)ی زانا خۆی چاك دەزانێ کە چیە بەڵام لەم پرسیارە مەبەستێکی گرنگی هەیە.

(١٨) موسایش وەڵامی دایەوەو وتی: ئەوە گۆچانەکەمەو خۆمی بەسەردا ئەدەم لە کاتی رۆیشتن داو پەلکی درەختانی پێ دەوەرێنم بۆ مەڕەکانمو هەندێ ئیشو مەبەستی ترم پێی هەیە، موسا درێژەی دا بە وەڵامەکەی چونکە جێگاکە جێگای گەیشتن بەخۆشەویستو دواندنیەتیو لەم شوێنانە دا درێژەدان بەقسە جوانە، جا پاش ئەوەی کە (الله) ئەم پرسیارەی لە موسا کردو موساش بەدڵنیاییەوە وتی :عەسایەو بێجگە لەو شتانەی کە خۆی دەیزانی شتێکی تری پێوە نەدیوە، (الله) بۆ ئەوەی کە بە تەواوی دڵنیای بکات فرمانی پێ دەکات:

(١٩) (الله) فەرموی: فڕەی دە ئەی موسا،

(٢٠) جا موساش فڕەیدا خۆ هەرکە فڕیدا بوو بە ئەژدیهایەكو بە توندی دەجوڵایەوە، تەنانەت موسا لێی ترساو پشتی تێکردو رای کرد،

(٢١) فەرموی: عەساکەت هەڵبگرەو مەترسە ئێمە وەك ئەوەڵ جاری لێ دەکەینەوە. پاش ئەو موعجیزە، (الله) موعجیزەیەکی تری پێ پیشان دەداتو دەفەرموێ:

(٢٢) دەستت بخەرە ژێر باڵتەوە،بە سپی بە بێ ئەوەی کە ناشیرین بێت دێتە دەرەوە، واتە :سپیەکیوا ئەبێ کە روناکیو شەوق دەداتەوە نەك بێ بە پەڵەو بەڵەکی کە ئەمەش بەڵگەیەکی گەورەو گرنگی ترە تا تۆ خۆت بناسیتو چاپوکانە ئەرکی پێغەمبەرایەتیت ئەنجام بدەیت
.

(٢٣) تا ئێمە بەشێك لە نیشانە گەورەکانی تریشمان بخەینە بەرچاوت،واتە ئەمەی کەئێستا دەی بینی نیشانەگەلێکی بچوکن لەچاو ئەوەی کەلەمەولا دەیبینی. ئینجا خوا فەرموی:

(٢٤) بچۆ بۆلای فیرعەون کە بێگومان لە سنور تێ پەڕیوەو لەگای بگاردوە، جێگای سرنج دانە موسا کاتی خۆی لە ترسی فیرعەون رایکردوەو چووەتە "مەدیەن"و چەند ساڵە لەوێیەو ئێستا ئەیەوێ سەر لەخزمانی بدات بە شێوەیەکی وا کە فیرعەون نەزانێ کە چی خوا دەیکات بە پێغەمبەرو دەفەرموێ: بچۆ بۆ لای فیرعەون؟! ئەمە دووهەم جارە کە موسا لە دەست فیرعەون رادەکات وە پەروەردگار دەیگەڕێنێتەوە بەردەست فیرعون، کاتی منداڵی دایکی لەترسی فیرعەون فڕەیدایە ناودەریاوە کەچی خوا خستیە دەستی فیرعەون، وە ئیستاش، بەڵێ (ﷲ)ی زاناو کاربەجێ هەرچی ویست هەروا دەبێ‌و هەزاران فیرعەونیش ناتوانن رێگای لێ بگرن، ئینجا موسا پاڕایەوە لە (ﷲ)،

(٢٥) وتی: ئەی پەروەردگارم دڵم فرەوان بکە. چونکە موسا هەست بەگەورەیی‌و سەختی کارەکەی دەکات‌و دەزانێ ئەرکی بانگەواز بۆ رێگای (ﷲ) پێویستی بە خۆگری‌و دڵ فرەوانیەو موسایش زوو تورە دەبوو، بۆیە داوای کرد لە پەروەردگاری دڵی فرەوان بکات،

(٢٦) جا وتی: ئەی پەروەردگارم ئەرکەکەم بۆ ئاسان بکە تا بتوانم بەباشی رایگەیەنم،

(٢٧) جا ئەوگرێیەی کە بەزمانمەوەیە بیکەرەوەو قسە کردنم بۆ ئاسان بکە. دەڵێن موسا لە کاتی قسەکردندا قسەی بۆنەدەهات‌و زۆر بە سەختی قسەی دەکرد لەبەر ئەوە داوای لە (ﷲ)کرد کە زمانی بکاتەوە بۆ قسەکردن بەشێوەیەك

(٢٨) تا ئەوان بە چاکی لە قسەکانم تێ بگەن.

(٢٩) هۆ ئەی پەروەردگارم لە کەس‌و کاری خۆم یارمەتی دەرو وەزیرێکم بۆ دابنێ.

(٣٠) کە ئەویش هارونی برام بێ.

(٣١) کە بەو بەهێزم بکەو پشتم بتەو بکە.

(٣٢) وە لەم ئەرکەم دا بیکە بە هاوبەشم‌و ئەویش وەك من بکە بە پێغەمبەر.

إِذۡ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّكَ مَا يُوحَىٰٓ (٣٨) أَنِ ٱقۡذِفِيهِ فِي ٱلتَّابُوتِ فَٱقۡذِفِيهِ
فِي ٱلۡيَمِّ فَلۡيُلۡقِهِ ٱلۡيَمُّ بِٱلسَّاحِلِ يَأۡخُذۡهُ عَدُوّٞ لِّي وَعَدُوّٞ لَّهُۥۚ وَأَلۡقَيۡتُ
عَلَيۡكَ مَحَبَّةٗ مِّنِّي وَلِتُصۡنَعَ عَلَىٰ عَيۡنِيٓ (٣٩) إِذۡ تَمۡشِيٓ أُخۡتُكَ
فَتَقُولُ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ مَن يَكۡفُلُهُۥۖ فَرَجَعۡنَٰكَ إِلَىٰٓ أُمِّكَ كَيۡ تَقَرَّ
عَيۡنُهَا وَلَا تَحۡزَنَۚ وَقَتَلۡتَ نَفۡسٗا فَنَجَّيۡنَٰكَ مِنَ ٱلۡغَمِّ وَفَتَنَّٰكَ فُتُونٗاۚ
فَلَبِثۡتَ سِنِينَ فِيٓ أَهۡلِ مَدۡيَنَ ثُمَّ جِئۡتَ عَلَىٰ قَدَرٖ يَٰمُوسَىٰ (٤٠)
وَٱصۡطَنَعۡتُكَ لِنَفۡسِي (٤١) ٱذۡهَبۡ أَنتَ وَأَخُوكَ بِـَٔايَٰتِي وَلَا تَنِيَا
فِي ذِكۡرِي (٤٢) ٱذۡهَبَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ (٤٣) فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا
لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ (٤٤) قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفۡرُطَ عَلَيۡنَآ
أَوۡ أَن يَطۡغَىٰ (٤٥) قَالَ لَا تَخَافَآۖ إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ
(٤٦) فَأۡتِيَاهُ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ
وَلَا تُعَذِّبۡهُمۡۖ قَدۡ جِئۡنَٰكَ بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكَۖ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ
ٱلۡهُدَىٰٓ (٤٧) إِنَّا قَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡنَآ أَنَّ ٱلۡعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ
وَتَوَلَّىٰ (٤٨) قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ (٤٩) قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ
كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ (٥٠) قَالَ فَمَا بَالُ ٱلۡقُرُونِ ٱلۡأُولَىٰ (٥١)

(٣٣) بۆ ئەوەی زۆر ترو زیاتر بێ عەیبی‌و پاك‌و بێ نیازی تۆ دەربخەین.

(٣٤) جا تا زۆرتر یادی تۆ بکەین.

(٣٥) بەراستی تۆ بینەری حاڵ‌و وەزعی ئێمەیت‌و چاك دەزانیت بۆچی ئەمانە لە تۆ داوا دەکەم، جا ئەی پەروەردگار ئەم داخوازیانەم لێ وەرگرە،

(٣٦) ئەوسا پەروەدگاریش وەڵامی دایەوەو فەرموی: ئەی موسا بەراستی داواکاریەکانت پێی دراو ئەوەی کە دەتویست پێت بەخشرا، ئینجا نیعمەتەکانی پێشویشی دەخاتەوە بیری‌و دەفەرموێ:

(٣٧) خۆ ئێمە جارێکی تریش منەتمان خستە سەر تۆ.

(٣٨) ئەو کاتە کە وەحیمان کردە لای دایکت ئەوەی کە وەحی دەکرێ وپێمانراگەیاند کە،

(٣٩) منداڵەکەت بخەرە ناو تابوتەوە، جا فڕەی بدەرە ناو دەریاوەو مەترسەو بە دەریاکەیشمان وت: کە لە نزیك ماڵی فیرعەونەوە بیخاتە کەنارەوە تا دوژمنێکی من‌و دوژمنێکی ئەو کە فیرعەون بوو هەڵیگرێت، وە تۆم

خۆشەویست کرد بە خۆشەویستیەکی زۆر لە دڵی فیرعەون‌و خێزانەکەیدا وە تا تۆ خزمەت بکرێیت لە ژێر چاو دێری خۆم دا. بەڵێ ئەو فەرمانەی (ﷲ) جێ بەجێ کراو دایکی موسا لە ترسی فیرعەون ناچار تابوتێکی بۆ دروست کردو فرەی دایە ناو روباری "نیل"ـەوەو روبارەکەیش لە نزیك جێگای گەشت‌و سەیرانی فیرعەونەوە خستیە کەنارەوەو دەست‌و پەیوەندانی فیرعەون هەڵیان گرت‌و بردیانە لای فیرعەون، ئەو فیرعەونەی کە بە هەزاران منداڵی کوشتبو تا نەك ئەو موسا بێت کە خەونی لە ناوچونی خۆی بە دەست ئەوەوە بینیوە، بەڵام (ﷲ)ی خاوەن دەسەڵات‌و بەهێز هەرچی ویست وا دەبێ‌و موسای نارده ماڵی ئەو فیرعەونە تا خۆی بەخێوی بکات‌و لەهەمو سەختیەکی ژیان رزگاری بکات جا خۆشەویستی کرد لەلای فیرعەون‌ولای خێزانەکەی تا چاکترو زیاتر خەریکی ببن‌و بیپارێزن، وە لە ژێر چاودێری (ﷲ) پەروەردە بکرێت. دیارە نەك هەر موسا بەڵکو تەواوی گیان لەباران لە ژێر چاودێری خوادان، بەڵام ئەم جۆرە چاودێری‌و لەگەڵ بونانە تایبەت ترن، جا خوای خاوەن دەسەڵات‌و زانا زیاتر ئەو نیعمەتانەی پێشوی بۆ رون دەکاتەوە، چونکە موسا لەو کاتەدا منداڵ بوەو نازانێ چۆن بوەو چی کراوە لەگەڵیاو دەفەرموێ: کاتێ کە خوشکت کە بە فرمانی دایکت لە دورەوە تەماشای تابوتەکەی دەکردو دی کە کەوتە دەست فیرعەون‌و دەریان هێنا لە ناو تابوتەکەداو خۆشەویستی چووە ناو دڵیان، جا کۆرپەی ناوتابوت دەستی کرد بەگریان، ئەوسا ئەوانیش چون چەندین ئافرەتیان هێنا تا شیری پێ بدات بەڵکو ئاشتبێتەوە، بەڵام ئەوساوایە مەمکی هیچ کام لەوئافرەتانەی نەگرت‌و هەر دەگریا، جادەفەرموێ:

(٤٠) ئا لەو کاتەدا خوشکت لێیان نزیك بوویەوەو گوتی: ئایا کەسێکتان پێ بناسێنم کە خزمەتی ئەو منداڵە بکات‌و شیری بداتێ؟ ئەوانیش پاش مشت‌و مڕێك لە گەڵ خوشکیا ئا چاربوون داوای ئەو کەسەیان کرد کە دایکی خۆی بو، جا کاتێ کە هات کتوپڕ مەمکی دایکی گرت، بەم شێوەیە ئێمە تۆمان گەڕاندەوە بۆلای دایکی خۆت لەسەر خەرجی فیرعەون، هەتا دایکیشی چاوی رۆشن ببێتەوە بە بینینی کوڕەکەی‌و تا خەفەت نەخوات، ئەمە هەندێك بو لە نیعمەتەکانی سەردەمی منداڵی، دیسان ئایا تۆ ئەی موسا لە بیرت نیەو نازانی کە تۆ کەسێکت کوشت‌و فیرعەون بڕیاری کوشتنی دایت، بەڵام ئێمە تۆمان رزگار کرد لەو غەم‌و پەژارەیە، وە ئێمە تۆمان چەند جارێك بە بەڵاو موسیبەت تاقی کردەوە، سەرئەنجام رزگارمان کردیت، وە تۆ چەند ساڵێك لە ناو ئەهلی مەدینەدا مایتەوە، لە پاشان ئەی موسا لەسەر بڕیارێکی دیاری کراوی من تۆ هاتی بۆ چیای "تور"، واتە: هاتنی تۆ شتێکی هەڵکەوت نەبوە بەڵکو ئەنجامدانی بڕیارێکی کۆنی خۆم بوە.

(٤١) من تۆم بۆ نەفسی خۆم‌و بۆ ئەنجامدانی بەرنامەی خۆم دروست کردوە کە بەرنامەکەیش بریتیە لە پێغەمبەرایەتی، جا کەوا بو ئیستا

(٤٢) تۆو براکەت بە نیشانەکانی منەوە بچن بۆ ئەنجامدانی فرمانەکانی من‌و لە یادی من کۆتای نەکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەرکی بانگ کەرانی راستەقینە زیاتر خەریك بونە بە یادی خواوە، نەك وەك ئەمرۆ رۆڵەی موسڵمان هەرخەریکی شەڕە پەڕۆو دیمەنجوانکردن‌و هەڵپەڕکەو تانەوتەشەر لەم‌و لەوبێ لەباتی سوڵح‌و سەفا هەر خەریکی فێڵ‌و فڕ لەم‌و لەوبێ.ئینجا خوادەفەرموێ:

(٤٣) بڕۆن بۆ لای فیرعەون بێگومان فیرعەون ملهوڕانە لە خراپەو تاواندا لەسنور تێی پەڕاندوە.

(٤٤) قسەی لەگەڵا بکەن بە قسەیەکی نەرم بەڵکو بیر بکاتەوەو لەو تاوان‌و ملهوڕیە واز بهێنێ یان لە سزای ئێمە بترسێت. ئەمە فرمانی کەسێك نیە کە نەزانێت کە ئایا فیرعەون لە ئەنجامدا باوەڕ دەهێنێ یان نە، بەڵکو فرمانی ئەو زاتەیە کە پەنجا هەزار ساڵ پێش ئەوەی کە ئاسمان‌و زەوی دروست بکات ئەندازەگیری هەمو شتێکی لە "لەوحولەحفوز"دا تۆمارکردوەو چاك زانویەتی کە فیرعەون باوەڕ ناهێنێت، بەڵام ئەو زاتە بە نێرراوانی خۆی فرمان دەدات کە بە چاك ترین شێوە ئەو پەیامە راگەیەنن، لە راستی دا ئەمە باشترین وانەیە بۆ ئەوانەی کە دەعوە دەکەن بۆ رێگای (ﷲ) دەبێ زۆر بە دڵسۆزیەوە

پەیامی (الله)بەهەمو کەس بگەیەنن با دوژمنێکی زۆر سەخت بێت وەك فیرعەون.

(٤٥) جا موساو هارون وتیان: ئەی پەروەردگارمان بە راستی ئێمە دەترسین کە ئەو پێش ئەوەی کە ئێمە ئەم پەیامەی پێ ڕاگەیەنین دەست درێژی بکاتە سەرمانو بمان کوژێت یان ئەگەر قسەی لەگەڵدا بکەین لە سنور تێ پەڕێتو خراپتر ببێت،

(٤٦) خوای بە هێزو زانا وەڵامی دانەوەو فەرموی: مەترسن من لە گەڵتانداو یارمەتیتان دەدەمو قسەی هەمو لایەك دەبیستمو چاوم لێتانەو دەتان پارێزم.

(٤٧) جا ئێوە بچنە لایو بڵێن کە ئێمە نێرراوی پەروەدگارتین، جا تۆش بنی ئیسرائیلی کە کرد وتن بە بەندەی خۆت وازیان لێ بهێنە با لەگەڵ ئێمەدا بنو سزایان مەدە، بەراستی ئێمە بە نیشانەیەکی گەورەی پەروەردگارت هاتوینە لات ئەوسا ئەو کەسەی کە پەیڕەوی لە ڕێنمای (الله)بکات لە سزای پەرەوەردگار لە ئەمان دایە، ئینجا ئەو دوو پێغەمبەرە بەرێزە بەم شێوەی کە (الله)فرمانی پێکردن چونە لای فیرعەونو وتیان:

(٤٨) بێگومان ئێمە وەحیمان کراوەتە لا کە سزای سەختی (الله) بۆ ئەو کەسەیە کە پێغەمبەران بە درۆ بخاتەوەو پشتیان تێ بکاتو گوێ بەفرمانی (الله)نەدات.

(٤٩) جا فیرعەون هاتە قسەو وتی: ئەی موسا پەروەردگارتان کێ یە؟

(٥٠) موسایش وتی: پەروەردگاری ئێمە ئەو زاتەیە کە هەمو بونەوەری دروستکردوەو بە هەمو شتێك ئەو شێوەو هەیکەلەی کە شایستەیەتی پێی بەخشیوە، وە تێی گەیاندوە کە چۆن بۆمانی خۆیان هەوڵ بدەن کە ئەوەی سودی تێدایە بۆیان بەدەستی بهێننو ئەوەیش کە زیانی تێدایە خۆیانی لێ بپارێزن، وە چۆن لەگەڵ یەکدا بژینو زاوزێ بکەن، جا هەریەکەی بە شێوەی گونجاو لەگەڵ سەرو سیمای جوانو ڕێكو پێکی خۆیدا خەریکی خۆ بەخێو کردنو جوان کردنی ئەم ژینگەیەنو هیچیان لە سنوری دیاری کراوی خۆیان لەم ژیانەدا تێ ناپەڕن، بێجگە لە

قَالَ عِلْمُهَا عِندَ رَبِّى فِى كِتَٰبٍ ۖ لَّا يَضِلُّ رَبِّى وَلَا يَنسَى (٥٢)
ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ مَهْدًا وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا وَأَنزَلَ
مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّن نَّبَاتٍ شَتَّىٰ (٥٣) كُلُوا۟
وَٱرْعَوْا۟ أَنْعَٰمَكُمْ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلنُّهَىٰ (٥٤) ۞ مِنْهَا
خَلَقْنَٰكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ (٥٥) وَلَقَدْ
أَرَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا كُلَّهَا فَكَذَّبَ وَأَبَىٰ (٥٦) قَالَ أَجِئْتَنَا لِتُخْرِجَنَا
مِنْ أَرْضِنَا بِسِحْرِكَ يَٰمُوسَىٰ (٥٧) فَلَنَأْتِيَنَّكَ بِسِحْرٍ مِّثْلِهِۦ
فَٱجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ مَوْعِدًا لَّا نُخْلِفُهُۥ نَحْنُ وَلَآ أَنتَ مَكَانًا
سُوًى (٥٨) قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ ٱلزِّينَةِ وَأَن يُحْشَرَ ٱلنَّاسُ ضُحًى
(٥٩) فَتَوَلَّىٰ فِرْعَوْنُ فَجَمَعَ كَيْدَهُۥ ثُمَّ أَتَىٰ (٦٠) قَالَ لَهُم
مُّوسَىٰ وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا فَيُسْحِتَكُم بِعَذَابٍ ۖ
وَقَدْ خَابَ مَنِ ٱفْتَرَىٰ (٦١) فَتَنَٰزَعُوٓا۟ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ وَأَسَرُّوا۟
ٱلنَّجْوَىٰ (٦٢) قَالُوٓا۟ إِنْ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ يُرِيدَانِ أَن يُخْرِجَاكُم
مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِمَا وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ ٱلْمُثْلَىٰ (٦٣) فَأَجْمِعُوا۟
كَيْدَكُمْ ثُمَّ ٱئْتُوا۟ صَفًّا ۚ وَقَدْ أَفْلَحَ ٱلْيَوْمَ مَنِ ٱسْتَعْلَىٰ (٦٤)

بەشێکی زۆر لە ئینسانو جنۆکە، وە بەهەشتو دۆزەخیش بۆ ئەو دوو جۆرە دانراوە،

(٥١) جا فیرعەون پاش بیستنی ئەم وەڵامە جوانو تەواوەی موسا، وتی: ئەگەر وایە ئەی حاڵی ئەوگەلانەی پێشو چۆنە کە باوەڕیان نەبووە بە خوای تۆ؟ وە بێجگە لەویان پەرستوە؟

(٥٢) موسا وتی: زانینی حاڵی ئەوانە کە چییان کردوەو سەر ئەنجامیان چۆن بوە لە کتێبێك دایە کە لە لای پەروەردگارمە، واتە: هەموی لە"لەوحولمەحفوز"دا تۆمار کراوە، پەروەردگاری من هیچی لێو ون نابێتو هیچی لە بیر ناچێتەوە، جا ئەوانیش بەم زوانە بەپێی ئەو نوسراوە پاداشتو تۆڵەی خۆیان وەردەگرن، وە ئەمە ئیشی ئێمە نیە کە قسەی لە سەر بکەین، بەڵکو ئەوە لە عیلمو زانیاری زاتی (الله) دایە .

(٥٣) ئەو زاتەی کە زەوی وەك بێشکەیەك لێ کردوە بۆتان، وە چەندین ڕێگەی بۆ ئێوە دروستکردوە لەو زەوییەدا کە بتوانن بەئاسانی هاتو چۆی تێدا بکەن، وە لە ئاسمانەوە ئاو

دەنێرێتە خوارەوە بۆتان، جا بەو ئاوە هەمو جۆرە گژو گیایەك دەردەهێنین‌و سەوزی دەكەین،

٥٤ دەی خۆتان بیخۆن و مەڕو ماڵاتەكانتانی تێدا بلەوەڕێنن، بێشك ئا لەمە دا چەندین بەڵگە هەیە لەسەر دەسەڵات‌و تەنیای (ﷲ) بۆ ئەوانەی كە خاوەن عەقڵن، ئینجا (ﷲ) دەفەرموێ:

٥٥ ئێمە ئێوەمان لەم خاكە دروست كردوە، وە بۆ ناو ئەویش دەتانگێڕینەوەو دەتان مرێنین‌و لەم خاكەوە جارێكی تر بۆ حەشرو حیساب دەرتان دەهێنینەوە

٥٦ جا بەحەقیقەت ئێمە هەمو نیشانەكانی خۆمانمان پیشانی فیرعەون دا، كەچی ئەو بێ باوەڕبوو بە موساو بەدرۆی خستەوەو ئامادە نەبو كە دان بەو حەقیقەت‌و راستیەدا بنێت.

٥٧ وتی: ئەی موسا ئایا تۆ هاتویت بۆلای ئێمەو دەتەوێ لەم زەوییەی خۆماندا بە جادوەكەت دەرمان بكەیت؟ ئەمە دووهەم پرسیاری فیرعەونە لە موسا، لە پرسیار یەكەم دا هەوڵ دەدات كە پرسیارەكەی بە جۆرێك بێت كە موسا بە خراپە باسی باوو باپیرانی پێشو بكات‌و بەو شێوەیە لە خۆشەویستی خەڵك بۆ نەتەوایەتی كەڵك وەربگرێت تا رق‌و قینی خەڵك بەرامبەر بە موسا هەڵگرسێنێت، بەڵام موسا زۆر بە جوانی بە جۆرێك وەڵامی دایەوە كە فیرعەون ئامانجەكەی نەپێكێت، وە لە پرسیاری دووهەم دا هەر بەو مەبەستە باس لەوڵات‌و نیشتمان دەكات، جاموسا وا دەناسێنێت كە دەیەوێت پشت بە سیحرەكانی ئەو خەڵكە لەو ڵاتی خۆیان دا دەربەدەر بكات، كە ئەمە داب‌و نەریتی فیرعەونەكان بوە لە هەمو زەمانێك دا، ئەوسا فیرعەون هەمو موعجیزەكانی بە سیحر داناو وتی: ئەمانە شتێكی گرنگ نین،

٥٨ جا بەراستی ئێمەش لە بەرامبەر دا سیحرێك لەوێنەی ئەو سیحرەی تۆ دەهێنین‌و دەیدەین بە گژیدا، جا ئادەی لە نێوان ئێمەو خۆتدا كاتێكی بۆ دیاری بكە كە هیچ كاممان پێچەوانەی ئەوكاتە نەجوڵێینەوە، نەئێمەو نە تۆیش، لە شوێنێكی رێك‌و پێك‌و دەشتدا كە هەمو كەس بمان بینێ.

٥٩ موسایش وتی كاتی دیاریتان با رۆژی (زینەت) بێ، وە با خەڵك لەكاتی چێشتەنگاودا لەوێ ئامادەبكرێن‌و كۆبكرێنەوە. لەوە دەچێ‌كە رۆژی زینەت رۆژێكی زانرا بوە لای هەمویان.

٦٠ جا فیرعەون پشتی هەڵ كردو دانیشتنەكە دوای هات‌و فیرعەون ئەوەی كە پێی دەكرا بۆ دژایەتی موسا لە فڕوفێڵ كۆی كردەوەو پیاوی بەوڵاتدا ناردو هەمو جادوكەرانی چالاكی كۆكردەوە بۆ ئەوەی لە رۆژی دیاری كراو دا دژ بە موسا بوەستن، پاشان كاتی دیاری كراو هات‌و فیرعەون‌و دەست‌و دایەرەی لەگەڵ سەدان جادوگەردا، وە بە هەزاران خەڵكی تر ئامادەی كۆبونەوەكە بوون‌و فیرعەون لەسەر تەختی خۆی دانیشت، موساش كە خۆی ئەدا بەسەر عەساكەیدا لەگەڵ هارونی برای دا بەرەو كۆڕەكە هاتن‌و كاتێ كە گەیشتنە ناو خەڵكەكە، چووەلای جادوگەرەكان‌و ئامۆژگاری كردن.

٦١ موسا پێی وتن: هاوار بۆ ئێوە نەكەن درۆ بەدەمی (ﷲ)وە بكەن، ئەگەر واتان كرد ئەوسا بەراستی خوای باڵا دەست بە سزایەكی گەورە تۆڵەتان لێ وەردەگرێت‌و لەناوتان دەبات، وە بەراستی رەنجەڕۆیە ئەوكەسەی كە درۆ دەكات بەدەم (ﷲ)وە، بەڵێ ئەم ئامۆژگارییەی موسا كاری خۆی كردو جادوگەرانی هەژاند.

٦٢ ئەوسا جادوگەرەكان لە نێوان خۆیاندا بو بەكێشەیان، وە بە نهێنی قسەیان لە نێوان خۆیاندا دەكرد، هەندێكیان قسەیان لە راستی موساو پەیامەكەی دەكرد، بەڵام لە بەر زۆری نەیاران‌و ترس لە فیرعەون قسەیان كرد بە یەك.

٦٣ وتیان: بێگومان ئەمانە دوو جادو گەرن كە دەیانەوێ بەو سیحرەیان ئێوە لەسەر ئەم خاكەی خۆتان دەربكەن‌و ئەو رێگاو رەوشتە بەنرخەتان لە ناوببەن .

٦٤ جا كەوابو پێویستە هەمو فڕو فێڵتان بخەنەكارو یەك قسەبن لە پاشان هەموتان بەیەك ریز بێنە پێشەوە، وە بەراستی رزگارە ئەو كەسەی كە ئەمڕۆ سەربكەوێت،

قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَلۡقَىٰ (٦٥) قَالَ
بَلۡ أَلۡقُواْۖ فَإِذَا حِبَالُهُمۡ وَعِصِيُّهُمۡ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ مِن سِحۡرِهِمۡ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ
(٦٦) فَأَوۡجَسَ فِي نَفۡسِهِۦ خِيفَةٗ مُّوسَىٰ (٦٧) قُلۡنَا لَا تَخَفۡ إِنَّكَ
أَنتَ ٱلۡأَعۡلَىٰ (٦٨) وَأَلۡقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلۡقَفۡ مَا صَنَعُوٓاْۖ إِنَّمَا صَنَعُواْ
كَيۡدُ سَٰحِرٖۖ وَلَا يُفۡلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيۡثُ أَتَىٰ (٦٩) فَأُلۡقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدٗا
قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ (٧٠) قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ
لَكُمۡۖ إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِي عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحۡرَۖ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيۡدِيَكُمۡ
وَأَرۡجُلَكُم مِّنۡ خِلَٰفٖ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمۡ فِي جُذُوعِ ٱلنَّخۡلِ وَلَتَعۡلَمُنَّ
أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابٗا وَأَبۡقَىٰ (٧١) قَالُواْ لَن نُّؤۡثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ
ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِي فَطَرَنَاۖ فَٱقۡضِ مَآ أَنتَ قَاضٍۖ إِنَّمَا تَقۡضِي هَٰذِهِ
ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَآ (٧٢) إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغۡفِرَ لَنَا خَطَٰيَٰنَا وَمَآ أَكۡرَهۡتَنَا
عَلَيۡهِ مِنَ ٱلسِّحۡرِۗ وَٱللَّهُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ (٧٣) إِنَّهُۥ مَن يَأۡتِ رَبَّهُۥ مُجۡرِمٗا
فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحۡيَىٰ (٧٤) وَمَن يَأۡتِهِۦ مُؤۡمِنٗا قَدۡ
عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَٰتُ ٱلۡعُلَىٰ (٧٥) جَنَّٰتُ عَدۡنٖ
تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ مَن تَزَكَّىٰ (٧٦)

(٦٥) ساحیران بە موسایان وت: ئەی موسا یان تۆ عەسای خۆت فڕە بدە یان ئێمە یەکەم کەس بین کە ئیشی خۆمان بکەین‌و شتی خۆمان فڕێ بدەین.

(٦٦) موسا فەرموی: نەخێر ئێوە ئیشی خۆتان بکەن‌و شتی خۆتان هەرچی هەیە فڕەبدەن، جا ئەوانیش سیحری خۆیان کرد هەرچی پەت‌و عەسایان پێ بو فڕەیان داو لە بەر گەورەو گرنگی سیحرەکەیان موسا وا دەکەوتە بەرچاوی‌و وای بۆ دەچوکە ئەوانە بوون بە مار گەلێك کە بەپەلە جموجوڵ دەکەن، ئەو هەمو پەت‌و عەسایە لە بەرچاوی موسادا بوون بە مارو دەجوڵان‌و موسا کە بێ باکی‌و بێ نیازی (ﷲ) شارەزا بو دەترسا لەوکاتەدا وەڵام نەدرێتەوە.

(٦٧) لەبەر ئەوە موسا ترسێك چوە ناو دڵیەوە. چونکە باوەڕدار لە مەکری (ﷲ) دەترسێت، بەڵام ئەو زاتە میهرەبان‌و تواناو زانایە خۆشەویستانی خۆی لەبیر ناباتەوەو لە کاتی تەنگانەدا دێت بەهاواریانەوە ئەوەتە لەم کاتەدا (ﷲ) بانگی لە موسا کردو دڵنیای کرد کە ئەمڕۆ ئەو لەم بەربەرەکانیەدا سەرکەوت‌و دەبێ وەك دەفەرموێ:

(٦٨) وتمان: ئەی موسا مەترسە بەێگومان ئەمڕۆ تۆ سەرکەوتوو دەبی.

(٦٩) جا ئەوەی کەبە دەستی راستتەوەیە فڕەیدە هەرچیان کردوە قوتی دەدا، چونکە ئەوەی کە ئەوان کردویانە فڕوفێڵی جادوگەرانە، بەڵام هی تۆ موعجیزەی پێغەمبەرە. دڵنیابە کە بەراستی ساحیر سەر ناکەوێت هەرچی بکات‌و لە هەرکوێوە بێت. بەڵێ موسا فرمانی خوای بەجێ هێناو عەساکەی فڕەداو هەمو پەت‌و عەسای بە ماربوی ساحیرانی قوت دا تەنانەت موسا لە عەساکەی خۆی ترسا تا (ﷲ) فەرموی: عەساکەت هەڵگرە، ئیتر موسا دەستی بۆ عەساکەی بردو هەڵیگرت دی هەر عەساکەی خۆیەتی‌و لەگەڵ قوتدانی ئەو هەمو پەت‌و عەسانەدا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتوە، ئیتر هەر(ﷲ) خۆی دەزانێ پەت‌و عەساکانی ئەوان چی لێ هات‌و بۆ کوێ چوو، جا ساحیرەکان کاتێ کە ئەمەیان دی بەچاکی زانیان کە ئەمە سیحر نییە .

(٧٠) جاهەمو ساحیران سوجدەیان برد بۆ (ﷲ)و وتیان: و ا باوەڕمان هێناوە بە پەروەردگاری هارون‌و موسا،

(٧١) جا کە باوەڕیان هێنا فیرعەون دەستی کرد بە هەڕەشە کردن لێیان، وتی: ئێوە باوەڕتان هێناوە پێش ئەوەی کە من ئیزنتان بدەم، بێگومان دەرکەوت کە ئەو گەورەتان بوەو وانەی سیحری فێرکردون، بۆیە نەتان توانی بەرامبەری بوەستن‌و خۆتان داوەتە دەستەوە، جا با چاك بزانن من دەست‌و لاقتان بە پێچەوانەی یەکتر دەبڕم‌و هەڵتان دەبەسم بە دارخورماداو لەمەولابە چاکی بۆتان دەرئەکەوێت کام لە ئێمە سزای زۆر بەهێز ترو درێژ خایەن ترە، فیرعەون کاتێك دەبینێت ساحیرەکان باوەڕیان هێناوە ناڵێت ئەوە بۆ باوەڕتان بە موسا هێنا، بەڵکو دەڵێت:چۆن پێش ئەوەی کە من ئیزنتان پێبدەم ئیمانتان هێناوە دەیەوێت بەم شێوە ئیمان هێنانی ئەم ساحیرانە کە لەپێشدا پشتی بەوانە بەستبو بە بێ‌نرخ دا بنێت واتە دەڵێت: گرنگ نیە کە ئیوە ئیمانتان هێناوە، بەڵکو گرنگ

وَلَقَدْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِى فَٱضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقًا
فِى ٱلْبَحْرِ يَبَسًا لَّا تَخَٰفُ دَرَكًا وَلَا تَخْشَىٰ ﴿٧٧﴾ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ
بِجُنُودِهِۦ فَغَشِيَهُم مِّنَ ٱلْيَمِّ مَا غَشِيَهُمْ ﴿٧٨﴾ وَأَضَلَّ فِرْعَوْنُ قَوْمَهُۥ
وَمَا هَدَىٰ ﴿٧٩﴾ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ قَدْ أَنجَيْنَٰكُم مِّنْ عَدُوِّكُمْ وَوَٰعَدْنَٰكُمْ
جَانِبَ ٱلطُّورِ ٱلْأَيْمَنَ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ﴿٨٠﴾ كُلُوا۟
مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ وَلَا تَطْغَوْا۟ فِيهِ فَيَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبِى
وَمَن يَحْلِلْ عَلَيْهِ غَضَبِى فَقَدْ هَوَىٰ ﴿٨١﴾ وَإِنِّى لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ
وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ﴿٨٢﴾ ۞ وَمَآ أَعْجَلَكَ عَن
قَوْمِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٨٣﴾ قَالَ هُمْ أُو۟لَآءِ عَلَىٰٓ أَثَرِى وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ
رَبِّ لِتَرْضَىٰ ﴿٨٤﴾ قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِنۢ بَعْدِكَ وَأَضَلَّهُمُ
ٱلسَّامِرِىُّ ﴿٨٥﴾ فَرَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوْمِهِۦ غَضْبَٰنَ أَسِفًا ۚ قَالَ
يَٰقَوْمِ أَلَمْ يَعِدْكُمْ رَبُّكُمْ وَعْدًا حَسَنًا ۚ أَفَطَالَ عَلَيْكُمُ
ٱلْعَهْدُ أَمْ أَرَدتُّمْ أَن يَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَخْلَفْتُم
مَّوْعِدِى ﴿٨٦﴾ قَالُوا۟ مَآ أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا وَلَٰكِنَّا حُمِّلْنَآ
أَوْزَارًا مِّن زِينَةِ ٱلْقَوْمِ فَقَذَفْنَٰهَا فَكَذَٰلِكَ أَلْقَى ٱلسَّامِرِىُّ ﴿٨٧﴾

ئەوەیە کە بە بێ ئیزنی من ئەم ئیشتان کردوە، وە ئەمەیش نەریتی فرعەونیانە لە هەموکاتێك دا هەوڵ دەدەن سەرکەوتن‌و زاڵ بوونی بەڵگەی ئەهلی ئیمان بێ نرخ پیشان بدەن‌و بە تۆقین‌و هەڕەشە مەبەستی خۆیان بسەلێنن، فیرعەون هەڕەشە لە ساحیرەکان دەکات، بەڵام ئەو ساحیرانە لەو ماوە زۆر کەمەدا نوری ئیمان کەوتە دڵیانەوەو تام‌و لەزەتێکی وایان لەو ئیمانە کرد کە گوێیان بە هەڕەشەی فیرعەون نەدا، بەڵی ئیمان ئاگرێك لە ناو دڵدا هەڵدەگرسێنێت کە پیاو فیداکارو چاو نەترس دەکات.

(٧٢) وتیان: سوێند بەو کەسەی دروستی کردوین هەرگیز پەیڕەوی لەتۆ ناکەین‌و تۆ هەڵنابژێرین بە سەر ئەو بەڵگە رون‌و ئاشکرانەی کە هاتوەتە لامان کە راستی موساو پوچی تۆیان دەرخست، جا تۆ چیت پێ‌دەکرێت بیکەو بێ منەت بە، ئێمە رێگەی راستمان پەیدا کردوەو بەدڵ‌و بەگیان وەرمان گرتوە. ئەوەی کە تۆ پێت دەکرێت تەنها لەم ژیانەی دنیادایەو بەس.

(٧٣) بێگومان ئێمە ئیمانمان هێناوە بە پەروەردگاری خۆمان تا لە گوناهەکانمان خۆش ببێت‌و لەتاوانی ئەو سیحرەیش کە تۆ ئێمەت ناچار کردوە کە بیکەین، وە پاداشتی (ﷲ) بۆ ئەو کەسەی گوێڕایەڵی دەکات زۆر چاك ترو درێژخایەن ترەو تەنها پەیڕەوی ئەو زاتە چاکەو هەر ئەویشە کە بۆ ئێمە دەمێنێتەوە نەتۆ، ئینجا دەستیان کرد بە بانگەواز بۆ ئەو ئاینە پیرۆزەی کە تا چەند کاتژمێرێك لەوەو پێش هیچیان لێ نەدەزانی، جا وتیان:

(٧٤) بێگومان راستی ئەوەیە کە هەرکەسێك بەتاوانباری بگەڕێتەوە پێشگای پەروەردگاری‌و پێش مردنی لەو کوفرو شیرکە پەشیمان نەبوبێتەوە، ئەوسا بێگومان ئەوکەسە ئاگری دۆزەخی بۆ هەیە نە دەمرێت تێیدا تا رزگاری ببێت‌و نە ژیانێکی خۆش‌و بێ دەردەسەر دەداتە سەرەوە. بەڵکو بڕیاری مانیان لە ژیانێکی پڕ ئیش‌و ئازاری هەتاهەتایدا بۆ بڕاوەتەوە.

(٧٥) وە هەرکەس بە ئیمانەوە بگاتە دادگای (ﷲ) لە رۆژی قیامەت داو بە ئیمانەوە بمرێت‌و لە دنیاداو کردەوەی چاکی کردبێت، جا ئەوانە چەندین پلەی بەرزیان بۆ هەیە.

(٧٦) کە جێگای کەیف‌و خۆشی‌و دانیشتنیان باخاتێکە کە لەژێر ئەو باخاتانەدا چەندین جۆگا دەڕوات، کە لە ناویدا بۆ هەمیشە دەمێننەوەو هەرگیز نامرن‌و دەرناکرێن. وە ئەوە پاداشتی ئەوکەسەیە کە خۆی پاك دەکاتەوە لە خراپەو خراپەکاری‌و تاوان. بەم شێوەیە ئاینی موسا ئاشکراترو بەهێزتر بوو خەڵکی ئەو دەوروبەرە هەموی پێی زانی‌و پوچی فیرعەون دەرکەوت، بەڵام تاغوتان تا جوڵەیان تێدایە لە کەللەرەقی‌و تاوانکاری واز ناهێنن ئەوە بوو فیرعەون فرمانی شەهید کردنی ئەو باوەڕدارانەی دا کە چەند کاتژمێرێك لەوەو پێش خۆی بەوان بەرز دەکردەوە، جا بارودۆخ بەتەواوی گۆڕاو فیرعەون بڕیاری کوشتنی موسای دا، بەڵام پەروەردگار موسای ئاگادارکردەوەو فەرموی:

(٧٧) بەراستی ئێمە وەحیمان کردە لای موساو وتمان: کە شەو خۆت‌و هەمو بەندە باوەڕدارەکانم ببە لەگەڵ خۆتاو لە میسر دەربچن، ئەوە بو موسا شەو لەگەڵ پەیڕەوانیدا لە وڵاتی میسر دەرچون، ئینجا فیرعەونیش بەو سوپایەی

کە کۆی کرد بویەوە دوایان کەوت، لە کاتی هەڵ هاتنی رۆژدا لەسەر روباری نیل فیرعەون گەیشتە نزیکیان کاتێ زیاتر نزیك بونەوە خوای بەهێزو باڵادەست فەرموی: دەی موسا عەساکەت بدە لەو بەحرە ئەو ئاوە لەت دەبێ‌و زەوییەکەش وشك دەبێتەوە، جا ئێوەش لێی بدەن‌و باکت لەگەیشتن بە فیرعەون‌و ترست لە خنکانیش لە ناو ئەو دەریایەدا نەبێت، بەڵێ موسا عەساکەی لەو دەریایەداو بوو بە دوانزە بەشەوەوە زەویەکەیشی وا وشك بویەوە کە هیچ قوڕی نەبو، فیرعەون کاتێ هات‌و ئەو روبارەی بەو شێوەیە دی‌و تی: ئەوە لەترسی من لەت بوە.

٧٨ جا فیرعەونیش بەخۆی‌و سەربازەکانیەوە بەشوێنیاندا چوون، جا ئاوی ئەو روبارە دای پۆشین چۆن دایپۆشینێ، شەپۆل لە سەر شەپۆل، بەراستی سەوت‌و ئاوازی وشەکان جۆش‌و خرۆشی شەپۆلانێك دەگەیەنن کە یەك لە دوای یەك فیرعەون‌و سوپاکەی دادەپۆشی. بەڵێ فیرعەون بەو جموجوڵەی خۆی گەیاندە شوێنی مردنی‌و کۆتای بەتەمەنی نەگریسی هات‌و موساو پەیڕەوانی لە شەڕی ئەو تاغوتە رزگاریان بو، ئینجا خوای خاوەن دەسەڵات‌و هەمیشە زیندو دەفەرموێ:

٧٩ فیرعەون گەلەکەی خۆی گومرا کرد، وە بۆ هیچ کارێکی چاك رێنمای نەکردن‌و هیچ چاکەیەکی نەبوە بۆ گەلەکەی. بەڵکو لە گەڵ خۆیدا بردنی بۆناو سزای پەروەردگار.

٨٠ جا ئێوەش ئەی بەنی ئیسرائیلی یەکان سپڵەو بێ نمەك مەبن‌و تەماشا بکەن‌و بزانن کە ئێمە چۆن ئێوەمان لەشەڕی ئەو دوژمنە ستەمکارە رزگار کرد. وە ئێمە لەتەنشتی راستی چیای "تور" ەوە بەڵێنمان پێدان بۆوەرگرتنی پەیامی (ﷲ) وەگەزۆو شیلاقەمان پێ دان، واتە: شیرینیەکی فراوان‌و گۆشتی زۆری باڵندەمان پێدان.

٨١ دەی بخۆن لەوانەی کە پاك‌و خاوێنەو ئێمە داومانە پێتان، وە لە خواردنی ئەو نیعمەتانەدا لەسنوری خۆی تێ مەپەڕن‌و لە خۆ بای مەبن، چونکە ئەگەر وابکەن رقی من دەتان گرێتەوەو هەرکەسێکیش رقی من بیگرێتەوە بەراستی ئەو کەسە لە ناو چوو فەوتاوە.

٨٢ خۆ بێگومان من زۆر لێ بوردەم بۆ ئەوکەسەی کە پەشیمان بێت لەهەڵەکانی‌و باوەڕی هێنابێت‌و ئیشی چاکی کردبێت، لەپاشان رێگەی راستی گرتبێت‌و وازی لە رێچکەو رێبازەکان هێنابێت. جا موسا حەفتا کەسی لە گەلەکەی هەڵبژاردو بەرەو چیای تور کەوتنە رێ بەڵام موسا لەبەر ئەو خۆشەویستییە زۆرەی کەهەیبو بەرانبەر بە پەروەردگاری پەلەی کردو کەمێ پێش ئەوان گەیشتە چیای تور، جا (ﷲ)فەرموی:

٨٣ جا چ شتێك وای لێ کردی کە پەلە بکەیت‌و گەلەکەت بەجێ بهێڵی؟

٨٤ موسا لەوەڵامی ئەم پرسیارەی (ﷲ)دا وتی: ئەوان وا بەدوای من دا دێن‌و من بۆیە پەلەم کرد تا تۆ لێم رازی بی. بەڵام (ﷲ) هەواڵێکی بە موسای گەیاند کە لێی بێ ئاگابو،

٨٥ فەرموی: ئەی موسا بەراستی ئێمە گەلەکەتمان تاقی کردەوە لەپاش تۆو سامیری بەهۆی دروستکردنی گوێرەکەیەکەوە لە رێی ترازاندن‌و سەری لێ تێکدان، ئینجا پەروەردگار ئەو سەفەرەی موسا کە سی رۆژ بو کردی بە چل رۆژ، جا ئەمە بو بە هۆی ئەوەی کە سامیری بتوانێت زیاتر پڕوپاگەندە دژی موسا بڵاو بکاتەوە، ئەم کارە دەستکردەی خۆی بە خوا پیشانی ئەو گەلە بدات‌و زیاتر سەریان لێ تێك دات‌و بیانکات بە بت پەرست.

٨٦ ئینجا موسا پاش ئەوەی چەند لەوحێکی لە فرمانی پەروەردگار بۆ هات گەڕایەوە بۆ ناو گەلەکەی‌و زۆر بە توڕەی‌و رقەوە لە حاڵێکدا زۆر غەمگین‌و بە پەژارە بو لەو کارەساتە، موسا وتی: ئەی گەلی من ئایا پەروەردگارتان بەڵێنە جوانەکەی سەرکەوتنی دنیاو بەهەشتی پاشە رۆژی پێ نەدا بوون؟ ئایا ئەو بەڵێن‌و وەعدانە زەمانێکی زۆری بەسەردا هاتوە کە لەبیرتان چوبێتەوە؟ یان هەر ویستتان رق‌و قینی پەروەردگارتان بتان گرێتەوە؟ جا ئێوەش بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنەی کە داتان بە من جوڵانەوە، جا نە چاوەرانی گەڕانەوەی منتان کردو نەبە گوێی هارون؟

فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَّهُۥ خُوَارٌ فَقَالُوا۟ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمْ
وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِىَ ﴿٨٨﴾ أَفَلَا يَرَوْنَ أَلَّا يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلًا وَلَا
يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا ﴿٨٩﴾ وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَٰرُونُ مِن قَبْلُ
يَٰقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦ ۖ وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ فَٱتَّبِعُونِى وَأَطِيعُوٓا۟
أَمْرِى ﴿٩٠﴾ قَالُوا۟ لَن نَّبْرَحَ عَلَيْهِ عَٰكِفِينَ حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَىٰ
﴿٩١﴾ قَالَ يَٰهَٰرُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوٓا۟ ﴿٩٢﴾ أَلَّا تَتَّبِعَنِ ۖ
أَفَعَصَيْتَ أَمْرِى ﴿٩٣﴾ قَالَ يَبْنَؤُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِى وَلَا بِرَأْسِىٓ ۖ
إِنِّى خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَلَمْ تَرْقُبْ
قَوْلِى ﴿٩٤﴾ قَالَ فَمَا خَطْبُكَ يَٰسَٰمِرِىُّ ﴿٩٥﴾ قَالَ بَصُرْتُ
بِمَا لَمْ يَبْصُرُوا۟ بِهِۦ فَقَبَضْتُ قَبْضَةً مِّنْ أَثَرِ ٱلرَّسُولِ
فَنَبَذْتُهَا وَكَذَٰلِكَ سَوَّلَتْ لِى نَفْسِى ﴿٩٦﴾ قَالَ
فَٱذْهَبْ فَإِنَّ لَكَ فِى ٱلْحَيَوٰةِ أَن تَقُولَ لَا مِسَاسَ ۖ وَإِنَّ لَكَ
مَوْعِدًا لَّن تُخْلَفَهُۥ ۖ وَٱنظُرْ إِلَىٰٓ إِلَٰهِكَ ٱلَّذِى ظَلْتَ عَلَيْهِ
عَاكِفًا ۖ لَّنُحَرِّقَنَّهُۥ ثُمَّ لَنَنسِفَنَّهُۥ فِى ٱلْيَمِّ نَسْفًا ﴿٩٧﴾ إِنَّمَآ
إِلَٰهُكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ وَسِعَ كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا ﴿٩٨﴾

﴿٨٧﴾ جائەوانیش وەڵامی موسایان دایەوەو هۆی گومڕابونی خۆیانیان بۆ باسکردو وتیان: ئەی موسا بەراستی ئێمە بەدەستی خۆمان نەبوە کە دژایەتی قسەی تۆمان کردوە، بەڵکو روداوەکە ئاوا بوو کە ئێمە زێڕو زیوێکی ئەوگەلە فەوتاوەمان پێ هەڵگیرابو لە پاشان فڕەماندا، وە هەروەها سامریش لە کوڵی خۆی کردەوە. جا سامیریش لەو زێڕو زیوە لەشی گوێرەکەیەکی بۆ دروستکردن کە دەنگی لێوە دەهات.

﴿٨٨﴾ جا ئەوکاتە سامیریو شوێنکەوتوانی وتیان: ئەمەیە خوای ئێوەو خوای موسا، بەڵام موسا رێگەی لێ هەڵەبوەو لە بیری چوەتەوە کە ئەو لێرەیەو ئێستاش بەشوێنی دا دەگەڕێت، بۆیە تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە، جا خوا سەرزەنشتیان دەکات و دەفەرموێ:

﴿٨٩﴾ ئایا ئەوان نابینن کە ئەو ناتوانێ وەڵامیان بداتەوەو قسەیان لەگەڵ دا بکات، وەخاوەنی هیچ زیان و سودێك نیە بۆیان؟ واتە:ئەگەر کەمێ ژیری بخەنەکارەوە دەزانن کە ئەمە لە هەیکەلێك زیاترشتێکی تر نیەو شایانی پەرستن نیە چ جای خوایەتی.

﴿٩٠﴾ جا بەحەقیقەت هارونیش پێش ئەوەی موسا بگەڕێتەوە پێی وتن: ئەی گەلی من بەراستی ئێوە بێجگە لەوەی کەبەم هەیکەلە تاقی کرانەتەوە شتێکی تر نیەو بە راستی پەروەردگاری ئێوە ئەو زاتە بەرەحمو بەخشندەیە کە ئەو هەموو رەحمو بەزەیەی بە ئێوە کردوەو لەو دوژمنە سەرسەختە رزگاری کردن، دەی بە گوێم بکەن و دوام کەون و واز لەو گوێرەکە پەرستیە بهێنن و فرمانی من جێ بەجێ بکەن، ئەوەیە ئەرك و پێویستی سەرشانتان. بەڵام ئەوان بەگوێی هارونیان نەکرد.

﴿٩١﴾ وتیان: ئێمە وازی لێ ناهێنین هەتا موسا نەگەڕێتەوە ناومان.

﴿٩٢﴾ جا موسا پاش لۆمەو سەرزەنشتی گەلەکەی روی لە هارونی برای کردو وتی: ئەی هارون چ شتێك رێگای لە تۆ گرت کە شەڕیان لەگەڵدا بکەیت کاتێك کەدیت ئەوان سەرلێشێواوگومڕا بوون و دەستیان بە گوێرەکە پەرستی کردوە؟

﴿٩٣﴾ ئایا تۆ گوێڕایەڵ و تابیعی من نەبوویت؟ ئایا تۆ فرمانی منت شکاندوە؟ ئەگەر وانیە چۆن بێ دەنگ بویت و لە ناویان دا دانیشتی لە حاڵێکدا کەئەوان رویان لە شیرك و کوفر کرد. بەڵێ موسا کاتێك کەویستی بڕوات بۆ کێوی تور هارونی کردبو بە جێنشینی خۆی لە ناو گەلەکەیدا تا دەگەڕێتەوەو بە گەلەکەیشی سپاردبو کە پەیرەوی بکەن و بە هارونیشی وتبوو: کە بەرژەوەندی گەلەکەی بپارێزێ و پەیڕەوی خراپەکاران نەکات، بەڵام وائێستا ئەو گەلە تێکچوە، جا موسا بەو شێوەیە دەستی کرد بە سەرزەنشی هارون و بەدەستی راستی سەری گرت و بە دەستی چەپی ریشی گرت.

﴿٩٤﴾ هارون وتی: ئەی کوڕی دایکم ئەسەرم بگرەو ئەریشم و لۆمەو سەرزەنشتم مەکە وەلە بەرچاوی ناحەزان و دوژمناندا مەمشکێنە بەراستی من ترسام ئەگەر خۆم بێ تۆ شتێکیان لەگەڵ بکەم و لەگەڵ چاکەکانیاندا دژی خراپەکانیان بوەستمایە تۆ لە پاشدا پێم بڵێیت بۆ دوبەرەکیت لە نێوان بنی ئیسرائیلیدا دروستکردوەو

چاوەڕوانی منت نەکردوە تا دەگەڕێمەوە ئا لەبەر ئەوە بوو کە من لەوان بێ دەنگ بووم.

(٩٥) جا موسا قسەکانی هارونی بەراست زانیو روی کردە کابرای گوێرەکە دروستکەرو وتی: ئەی سامیری ئائەم ئیشە گەورەیە چیەو بۆچی ئەم هەڵە گەورەت کردوە؟ بەڵێ موسا تا لێکۆڵینەوەی تەواوی نەکرد هیچ بڕیارێکی نەدا، سامیری لە وەڵامی موسادا ،

(٩٦) وتی: من شتێکم چاو پێ کەوت کە ئەوان نەیان دیت کە بریتی بو لە جوبرەئیل کاتێ هاتە لای موسا، جا وتی: من مشتێك خاکم هەڵگرت لە ژێر پێی نێرراوەکەی (ﷲ)دا کە (جبرئیل) بو وەئەو خاکەم خستە ناوی ئەو هەیکەلەوەو ئەو دەنگەی لێ هات، وە هەر ئاوا نەفسم ئەو ئیشەی بۆ جوان کردمو ئەنجامم دا، ئینجا موسا پاش بیستنی قسەی هەمویان بڕیاری دا.

(٩٧) جا بە گوێرەکە دروستکەرەکە کە (سامیری) بو وت: بڕۆ بەراستی تۆ ئەبێت لەم ژیانەدا نەخۆشیەکی وات توش ببێت کە هەمیشە بڵێیت : نابێت کەس دەستم لێ بداتو نزیکم ببێتەوە، واتە: (ﷲ) دوچاری نەخۆشییەکی کرد کە تا دەستی لێ بدرایە ژانی زیاتر دەبو، وە بێگومان بۆ تۆ کاتێکی دیاری کراو هەیە بۆ مردنت کە ناتوانیت لەو کاتە تێ پەڕیت، ئینجا زیاتر سزای رۆحی ئەداتو ئەڵێ تەماشای ئەو خوایەت بکە کە تۆ ماوەیەکبو خۆتت بەستبویەوە بۆیو بەندایەتیت ئەکرد بەراستی ئێمە دەیسوتێنین، لە پاشان فڕەی دەدەین بەناو ئەم دەریاداو بڵاوی ئەکەینەوە چۆن بڵاوکردنەوەیەك ئەڵێن: ئەوگوێرەکەیە خرایەناو ئاگرو کرا بە خشتێكولە پاشان بەبڕبەن ورد ورد کراو فڕەدرا بەناو دەریادا. ئینجا موسا ئامۆژگاری گەلەکەی کردو وتی:

(٩٨) بەراستی خوای ئێوە ئەو (ﷲ)یە کە هیچ خوایەکی راستەقینەی تر نیە، بێجگە لە ئەو زاتەو زانیاریو علمی بەسەر هەمو شتێکدا هەیە.

(٩٩) هەروەکو چۆن لێرەدا داستانی موسامان بۆ باس کردیت هەروا ئێمە بەشێك لە داستانەکانی پێشوت بۆ باس

كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ مَا قَدْ سَبَقَ ۚ وَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ مِن لَّدُنَّا
ذِكْرًا ﴿٩٩﴾ مَّنْ أَعْرَضَ عَنْهُ فَإِنَّهُۥ يَحْمِلُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وِزْرًا
﴿١٠٠﴾ خَٰلِدِينَ فِيهِ ۖ وَسَآءَ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ حِمْلًا ﴿١٠١﴾ يَوْمَ يُنفَخُ
فِى ٱلصُّورِ ۚ وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا ﴿١٠٢﴾ يَتَخَٰفَتُونَ
بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا ﴿١٠٣﴾ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذْ يَقُولُ
أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا ﴿١٠٤﴾ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْجِبَالِ
فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ﴿١٠٥﴾ فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا ﴿١٠٦﴾
لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجًا وَلَآ أَمْتًا ﴿١٠٧﴾ يَوْمَئِذٍ يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِىَ
لَا عِوَجَ لَهُۥ ۖ وَخَشَعَتِ ٱلْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَٰنِ فَلَا تَسْمَعُ إِلَّا هَمْسًا
﴿١٠٨﴾ يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَرَضِىَ لَهُۥ
قَوْلًا ﴿١٠٩﴾ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ
عِلْمًا ﴿١١٠﴾ ۞ وَعَنَتِ ٱلْوُجُوهُ لِلْحَىِّ ٱلْقَيُّومِ ۖ وَقَدْ خَابَ مَنْ
حَمَلَ ظُلْمًا ﴿١١١﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا
يَخَافُ ظُلْمًا وَلَا هَضْمًا ﴿١١٢﴾ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا
وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ ٱلْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا ﴿١١٣﴾

ئەکەین، وە بەراستی داومانە بە تۆ لەلایەنی خۆمانەوە ئامۆژگاریو یادێکی بەرێز کە بریتیە لەم قورئانە پڕخەیرو فەڕەی کە هەرکەس دەستی پێوە بگرێت خۆشبەختو سەرفەرازی هەردوو دنیایە .

(١٠٠) هەرکەسێکیش پشتی تێ بکاتو پەیڕەوی نەکاتو گوێ رایەڵی پێغەمبەر نەبێت، با ئەو کەسە چاك بزانێت کە بەراستی لە رۆژی قیامەتدا بارێك تاوان هەڵ ئەگرێت کە بارێکی زۆر قورسەو ئابڕو بەریەتی.

(١٠١) بۆ هەمیشە تێیدا ئەمێنێتەوە لە ناو سزای ئەو تاوانانەی کە کردویەتی کە سزاکەی دۆزەخو گورزی ئاسنو خۆاردنەوەی خوێنو کێمی دۆزەخیانە، جا (ﷲ) جوانتر ئەوکاتەمان بۆرون دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(١٠٢) کاتی سزاو سەر شۆڕی ئەوکەسە کاتێ دەست پێ دەکات کە فو دەکرێت بەسوردا. ئەڵێن: سور بەشێوەی شاخی گایە کە بەئەندازەی بەشەرەکان کونی تێدایە جارێك بە فرمانی(ﷲ) "ئیسرافیل" فوی پێدادەکات هەمو خەڵك ئەمرێتو جارێکی تر فوی پێدا دەکات هەمو زیندو ئەکرێنەوە کە ئەمەی ئێرە لەوەی دووهەمیان نزیکە، جا

ئێمە تاوانباران كۆ ئەكەینەوە لەو رۆژەدا كە هەمویان لە بەرسەختی سزایان چاویان شین ئەبێتەوە، ئینجا لەناو خۆیاندا باسی ماوەی ژیانی دنیایان ئەكەن.

(١٠٣) بەشێوەیەكی هێواشی لە نێوان خۆیاندا ئەڵێن، بێجگە لە دە رۆژێك زیاتر نەژیاوین(ﷲ) دەفەرموێ:

(١٠٤) بەراستی ئێمە ئەزانین چی دەڵێن ئەوان بەو قسەیان نەیانەوێ بڵێن ئێمە ئەوەندە نەژیاوین كە بەچاكی (ﷲ) بدۆزینەوە، كەوابو حەقی سزادانمان نیە، ئینجا (ﷲ) دەفەرموێ: ئێمە ئاگادارین كاتێ كە ژیرترین كەسیان وتی: نەخێر ئێوە لەچاو ئەم ناڕەحەتیو سەختیەدا كە لەپاش مەرگ دیوتانە ژیانی دنیاتان، بێجگە لە رۆژێك زیاتر نیە. جا لە پێش تەواو كردنی بارو دۆخی دوا رۆژی ستەمكاران خوای گەورە باسی ئەم چیا بەرزو بەهێزانەی زەویمان بۆ دەكاتو دەفەرموێ:

(١٠٥) ئەی محمدﷺ لەبارەی چیاكانەوە پرسیارت لێ دەكرێت ئایا ئەو چیا بەهێزانە چییان بەسەردێت؟ بڵێ: پەروەردگارم هەڵیان ئەكەنێتو وەكو خوری شی كراوەیان لێ دەكاتو با وەكو هەور بەم لاو بەولادا ئەیانفڕێنێو ئەیانكات بەلمی شی كراوەو لە پاشان وەكو تۆزی پێ دێتو چاڵیەكانی زەوی پێ رێك دەكات.

(١٠٦) جا زەوی دەكات بەدەشتێكی تەختی كاكی بەكاكی.

(١٠٧) هیچ لاریو چاڵیو چۆڵیو بەرزیونزمیەكی تێدا نابینی. ئینجا ئەچێتەوە سەر باسی پێشو دەفەرموێ:

(١٠٨) لە ئەو رۆژەدا دوای بانگ كەرەكە ئەكەون كە "ئیسرافیل" ە بەو شەیپورەكە لێی دەداتو راست ئەبنەوەو بەرەو مەیدانی مەحشەر ئەكەونە رێگاو هەمویان بەرەو مەیدان ملی رێگا دەگرن، وە هەمو دەنگەكان گەردن كەچو زەلیلن بۆ(ﷲ)و ناتونن هیچ قسەیەك بكەن تۆ لەو كاتەدا، بێجگە لەچفەو قسەی هیواش هیچ نابیسی. بەڵێ بەراستی ئەورۆژە رۆژێكی پر مەترسیو ئێشو ژانە.

(١٠٩) لەو رۆژەدا شەفاعەتو تكاو پاڵپشتی هیچ سودێكی نیە مەگەر بۆ كەسێك كە خوای بەخشندەو بەسۆز ماوەی پێ دابێتو لەقسەو داخوازیەكەی رازی بێت، پاش ئەوەی كە خەڵك بو حیسابو كتاب زیندو دەكرێنەوەو لە دەشتی مەحشەر دا كۆ دەكرێنەوە بۆ ماوەیەكی زۆر لەو شوێنە دژوارەدا دەمێنێنەوە، جا ئەو خەڵكە بۆ ئەوەی كە (ﷲ) حیسابو كتاب لەنێوانیان دا بكات و ئەنجامی هەر لایەنێك دیاری بكات دەچن بۆ لای پێغەمبەرانو هەر لە "ئادەم"وە دەست پێدەكەن یەك لە دوای یەك ئەم تكاو شەفاعەتیان لە لایان (ﷲ)ەو بو بكەن، بەڵام هەمو پێغەمبەران هەركام بە هۆیەك دەڵێن ئەو كارە بە ئێمە ناكرێتو هەریەكەیان ئەو خەڵكە دەنێرێ بۆلای پێغەمبەری خواری خۆی تالە ئاخر دا دێن بۆلای پێغەمبەرمانﷺ، وەك دەفەرموێ: {...فَأَقُولُ أَنَا لَهَا فَأَسْتَأْذِنُ عَلَى رَبِّي فَيُؤْذَنُ لِيء يُلْهِمُنِي مَحَامِدَ أَحْمَدُهُ بِهَا لَا تَحْضُرُنِي الْآنَ فَأَحْمَدُهُ بِتِلْكَ الْمَحَامِدِ وَ أَخِرُّ لَهُ سَاجِدًا فَيَقُولُ يَا مُحَمَّدُ ارْفَعْ رَأْسَكَ وَ قُلْ يُسْمَعْ لَكَ وَسَلْ تُعْطَ وَ اشْفَعْ تُشَفَّعْ فَأَقُولُ يَا رَبِّ أُمَّتِي أُمَّتِي فَيَقُولُ انْطَلِقْ فَأَخْرِجْ مِنْهَا مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ شَعِيرَةٍ مِنْ إِيمَانٍ فَأَنْطَلِقُ فَأَفْعَلُ ثُمَّ أَعُودُ فَأَحْمَدُهُ بِتِلْكَ الْمَحَامِدِ ثُمَّ أَخِرُّ لَهُ سَاجِدًا فَيُقَالُ يَا مُحَمَّدُ ارْفَعْ رَأْسَكَ وَقُلْ يُسْمَعْ لَكَ وَسَلْ تُعْطَ وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ فَأَقُولُ يَا رَبِّ أُمَّتِي أُمَّتِي فَيَقُولُ انْطَلِقْ فَأَخْرِجْ مِنْهَا مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ أَوْ خَرْدَلَةٍ مِنْ إِيمَانٍ فَأَخْرِجْهُ فَأَنْطَلِقُ فَأَفْعَلُ ثُمَّ أَعُودُ فَأَحْمَدُهُ بِتِلْكَ الْمَحَامِدِ ثُمَّ أَخِرُّ لَهُ سَاجِدًا فَيَقُولُ يَا مُحَمَّدُ ارْفَعْ رَأْسَكَ وَقُلْ يُسْمَعْ لَكَ وَسَلْ تُعْطَ وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ فَأَقُولُ يَا رَبِّ أُمَّتِي فَيَقُولُ انْطَلِقْ فَأَخْرِجْ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ أَدْنَى أَدْنَى أَدْنَى مِثْقَالِ حَبَّةِ خَرْدَلٍ مِنْ إِيمَانٍ فَأَخْرِجْهُ مِنْ النَّارِ فَأَنْطَلِقُ فَأَفْعَلُ../ متفق علیه/ ...جا من بەو خەڵكە دەڵێم: من بۆ ئەو ئەركە دانراوم جا لە پەروەردگارم داوای ماوەو ئیزن دەكەم ئەوسا ماوەم پێدەداتو سوپاسو ستایشێكی وام تێ دەگەیەنێ كە ئێستا نایزانم، جا بەو شێوە سوپاسو ستایشی دەكەمو دەچمە سوجدەوە پاشان پەروەردگارم دەفەرموێ: ئەی محمد سەرت بەرزكەرەوەو لە سوجدە هەستە، جا بڵێ، قسەت وەرئەگیرێو تكاو شەفاعەت بكە شەفاعەتت بۆ هەیە پێغەمبەرﷺدەڵێت: ئەی پەروەردگارم گەلەكەم، گەلەكەم. (ﷲ) دەفەرموێ: برۆ لەو سزایە دەری بهێنە ئەوكەسەی كە بەئەندازەی دەنكە جۆیەك باوەڕی

بووە جا ئەڕۆم‌و ئەوکارە دەکەم، ئینجا ئەو جۆرە سوپاس‌و ستایشەی دەکەمەوەو سوجدەی بۆ دەبەم، لە پاشان پێم دەفەرموێ: ئەی محمد سەرت بەرز کەرەوەو لە سوجدە هەستە، دە بڵێ، قسەت وەردەگیرێ‌و داوابکە، پێت دەدرێت‌و شەفاعەت بکە شەفاعەتت بۆ هەیە پێغەمبەرﷺ دەڵێت: ئەی پەروەردگارم گەلەکەم، گەلەکەم (ﷲ) دەفەرموێ: بڕۆ لەو سزایەدەری بهێنە ئەوکەسەی کە بە ئەندازەی گەردیلەیەك یان تۆیی خەرتەلەیەك باوەڕی بووە، جا ئەڕۆم‌و ئەوکارە دەکەم‌و ئینجا ئەوجۆرە سوپاس‌و ستایشەی دەکەمەوە سوجدەی بۆ دەبەم، لەپاشان پێم دەوترێت: ئەی محمد سەرت بەرز کەرەوەو لە سوجدە هەستە، جا بڵێ، قسەت وەرئەگیرێ‌و داوا بکە پێت دەدرێت‌و شەفاعەت بکە شەفاعەتت بۆ هەیە پێغەمبەرﷺدەڵێ: ئەی پەروەردگارم گەلەکەم، گەلەکەم. (ﷲ) دەفەرموێ: بڕۆ لەو سزایە دەری بهێنە ئەوکەسەی کە بە ئەندازەی خوارتر، خوارتر، خوارتر لە تۆیی خەرتەلەیەك باوەڕی بووە لەو خەڵکە جامنیش ئەوکارە دەکەم} پێغەمبەرمانﷺچوار جار بەم شێوەیە دەکات‌و هەرجارەی بەشێکی دیاری کراو لە خەڵك ئەخاتە بەهەشتەوە، بەهەزاران هەزار سەلام‌و رەحمەتی خوات لێ بێت ئەی پێغەمبەری ئازیزﷺ داواکارم لە پەروەردگارم منیش بخاتە بەر ئەو شەفاعەتەت. لە ئایەت‌و حەدیسەکانەوە دەردەکەوێت کەشەفاعەت شەش بەشە:

یەکەم: شەفاعەتی گەورە کە تایبەتی پێغەمبەرمانەﷺ وە ئەویش ئەو شەفاعەتەیە کە پێغەمبەرﷺ بۆ رزگار بوونی هەمو خەڵك لە دژواری دەشتی مەحشەرو دەستپێکردنی حیساب‌و کتاب بەو شیوەیە کە لە سەرەتای ئەم فەرمودە دا هاتووە هەڵدەسێت بو ئەنجام دانی.

دووهەم: شەفاعەت بۆ داخل بوونی بەهەشت.

سێهەم: شەفاعەت بۆ ئەو تاوانبارانەیە کە بە هۆی تاوانەکانیانەوە شیاوی سزاو تۆڵەن، بەڵام بەو شەفاعەتە لەو سزایە رزگاریان دەبێت. چوارەم: شفاعەت بۆ ئەو باوەڕدارە تاوانبارانەیە کە چونەتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، کە بەو شەفاعەتە لە دوزەخەوە دەردەهێنرێن، ئەهلی سونەو جەماعەت بە کۆی دەنگەوە بەم شەفاعەتە باوەڕیان هەیەو ئەوانەیش کە باوەڕیان پێی نیە بە بیدعەچی دەناسرێن.

پێنجەم: شەفاعەت بۆ بەرز بونی پلەی بەهەشتیەکان.

شەشەم: شەفاعەت بۆ سوك بونی سزای دۆزخ لە سەر بێ‌باوەڕ کە ئەویش تایبەتە بە ئەبوتالیبی مامی پێغەمبەرەوەﷺ کە ئەویش بە هۆی ئەو پارێزگاری‌و پشتگیریەی کە لەدنیادا لە پێغەمبەرمانی ﷺ کردوە، بەڵام بەداخەوە باوەڕی بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمانﷺ نەهێناوە. ئەم شەفاعەتانە جگە لە یەکەم‌و شەشەم تایبەتە بە باوەڕدارانەوە ئەوەی کە لە سەر کوفرو شیرك مردووە لەم شەفاعەتانە بێ بەشە.

ئینجا خوای خاوەن دەسەڵات ئامۆژگاری مرۆڤ دەکات‌و هەڵیئەنێت کە قسەی خراپ‌و ئیشی ناپاك ئەنجام نەدات، چونکە (ﷲ) زانیاری بەسەر هەمو هەڵس‌و کەوتێکی بەندەکانیدا هەیەو دەفەرموێ :

(١١٠) خوا ئاگادارە بەوەی کە ئەوان ئەنجامیان داوەو ئەنجامی ئەدەن‌و هیچی لێ ون نابێ‌و زانیاری بەووردو درشتی کردارو وتارو نیەتیاندا هەیە بەڵام ئەوان زانیاری تەواویان نیە بەسەر زاتی (ﷲ)داو ناتوانن بەشێوەیەکی سنوردار ئەو زاتە بناسن، بەڵکو هەرچی لە بارەیەوە زانراوەو ئەزانرێت شتێکی زۆر کەمە.

(١١١) جا لەو رۆژەدا هەمو دەم‌و چاوەکان شەرمەندەو زەبونن بۆ ئەو زاتەی کەنامرێ‌و ژیانی تەواوی زیندوەکان بەو راوەستاوەو مانی ئەم بونەوەرە بەو بەندە، جا چۆنی ویست هەروا دەبێ، وە بەراستی رەنجەڕۆیە ئەوکەسەی کە باری تاوان‌و زوڵمی هەڵگرتوە.

(١١٢) خۆهەر کەسێك ئیشی چاك بکات‌و باوەڕدار بێ با نەترسێت لەوەی کەستەمی لێ بکرێت یان خراپەی لەسەر زیاد بکرێت، وە یان چاکەی لێ کەم بکرێتەوە، ئینجا خوای باڵادەست دەفەرموێ:

(١١٣) جا هەر ئاوەها ئێمە ناردمانە لات قورئانێکی عەرەبی وەهەڕەشەی خۆمان بە شێوەی جۆراو جۆر لەناو ئەودا باسکردوە بەڵکو ئەوان بترسن‌و خۆیان بپارێزن لەتاوان‌و خراپە، یان ئەم قورئانە ببێتە هۆی ئامۆژگاری‌و

فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۗ وَلَا تَعۡجَلۡ بِٱلۡقُرۡءَانِ مِن قَبۡلِ أَن
يُقۡضَىٰٓ إِلَيۡكَ وَحۡيُهُۥۖ وَقُل رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا ﴿١١٤﴾ وَلَقَدۡ عَهِدۡنَآ
إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبۡلُ فَنَسِيَ وَلَمۡ نَجِدۡ لَهُۥ عَزۡمٗا ﴿١١٥﴾ وَإِذۡ قُلۡنَا
لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ
﴿١١٦﴾ فَقُلۡنَا يَٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَٰذَا عَدُوّٞ لَّكَ وَلِزَوۡجِكَ فَلَا يُخۡرِجَنَّكُمَا
مِنَ ٱلۡجَنَّةِ فَتَشۡقَىٰٓ ﴿١١٧﴾ إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعۡرَىٰ ﴿١١٨﴾
وَأَنَّكَ لَا تَظۡمَؤُاْ فِيهَا وَلَا تَضۡحَىٰ ﴿١١٩﴾ فَوَسۡوَسَ إِلَيۡهِ
ٱلشَّيۡطَٰنُ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ هَلۡ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلۡخُلۡدِ وَمُلۡكٖ
لَّا يَبۡلَىٰ ﴿١٢٠﴾ فَأَكَلَا مِنۡهَا فَبَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا
يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۚ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴿١٢١﴾
ثُمَّ ٱجۡتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيۡهِ وَهَدَىٰ ﴿١٢٢﴾ قَالَ ٱهۡبِطَا مِنۡهَا
جَمِيعَۢاۖ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدٗى
فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ ﴿١٢٣﴾ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن
ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ
أَعۡمَىٰ ﴿١٢٤﴾ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرۡتَنِيٓ أَعۡمَىٰ وَقَدۡ كُنتُ بَصِيرٗا ﴿١٢٥﴾

سەربەرزی‌و ناوو شۆرەت‌و پلەو پایەی بەرزی دنیاو دوا ڕۆژ. بەڵێ بەراستی ئەم قورئانە ڕێزو شەرەف دا بەو کەسانەی کە بەراستی هەڵیان گرت‌و پەیڕەویان کرد لە شوانەتیەوە کردنی بە پێشەواو مامۆستای تەواوی جیهان. ئەم ئایەتەو ئایەتانی تر کە باس لەوە دەکەن کە قورئان بە عەرەبی بۆسەر پێغەمبەرمانﷺ دابەزیوە، بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە ئەم قورئانە هەم بە ماناو هەم بە وشە لەلایەن پەروەدگارەوە ڕوانەکراوە چونکە ماناو مەفهوم عەرەبی یان غەیرە عەرەبی نیە بۆ نمونە "ئاو" لە هەمو زمانەکان دا ماناو مەفهومی دیاریەو ناگۆڕێ، بەڵام هەرکام بۆ دەربڕینی ئەو مانایە پیت‌و وشەیەکی تایبەت بە خۆی بەکار دەهێنێت. وە هەروەهاش کاتێك دەوترێت ئەم قورئانە بە عەرەبی ڕوانە کراوە، واتە: بە وشەو پیتی عەرەبی ڕەوانە کراوە، وە ئەمە بە پێچەوانەی ئەو کەسانەیە کە دەڵێن: تەنها ماناو مەفهومی قورئان بۆ پێغەمبەرﷺ دابەزی‌وەو پێغەمبەر خۆی بۆ خۆی ئەو ماناو مەفهومەی بە زمانی عەرەبی ڕاگەیاندوە.

﴿١١٤﴾ جا بێ عەیبو بێ‌نیازەو باڵادەستە (ﷲ) یەك کە پادشای هەمو بونەوەرو ڕاستە لەهەمو بەڵێن‌و قسەو هەڕەشەیدا، جا پەلەمەکە ئەی محمدﷺ بەخوێندنەوەی ئەو قورئانەی کە بۆت دێت لە پێش ئەوەی کەبەتەواوی وەحی بکرێتە لات. ئەڵێن: پێغەمبەر ﷺ زۆر بەپەلە لەگەڵ جوبرەئیل قورئانەکەی ئەخوێندەوە نەوەك لەبیری بچێتەوە، جا خوای گەورە فەرموی :پەلە مەکەو گوێ بگرە تاوەحی تەواو ئەبێ‌و مەترسە کە لە بیرت بچێتەوە ئێمە ئەتپارێزین لە لەبیر چونەوە تۆ تەنها پشت بە ئێمە ببەستەو بڵێ: ئەی پەروەردگارم زانیاریم بۆ زیاد بکە.

﴿١١٥﴾ئەوسا بەراستی ئێمە وەحیمان کردە لای ئادەم‌و تێمان گەیاند کە لەو درەختە نەخوات، بەڵام ئەو دروستکراوە بەرێزە ئەو فرمانەی لە بیر چویەوەو ئێمە نەمان دی کەوا ئادەم خاوەنی بڕیارو هەڵوێستێك بێت بۆ خۆی. جا خوای باڵادەست ئەو ڕووداوەی ئادەممان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

﴿١١٦﴾ جا بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە ئێمە بە فریشتەکانمان وت: کە سوجدە ببەن بۆ ئادەم ئەوانیش هەمویان سوجدەیان بردو فرمانی (ﷲ)یان ئەنجام دا بێجگە لە ئیبلیس کە شەیتانەو سوجدەی نەبرد،

﴿١١٧﴾ جا وتمان ئەی ئادەم بێگومان کە ئەمە دوژمنی خۆت‌و هاوسەرەکەیشتە جا ئاگاتان لەخۆتان بێت کە دەرتان نەکات لەو بەهەشت‌و نازو نیعمەتەدا، ئەوسا ئیتر ئەوکاتە نارەحەت دەبی‌و ئەبێ بەتەلاش‌و زەحمەت بژێوی خۆت پەیدا بکەیت‌و گرفتاری وبگرەو بەردەی زۆرت بۆ پەیدا دەبێت.

﴿١١٨﴾ بێگومان لەم بەهەشتەدا ژیانێکی وات بۆ هەیە کە هەرگیز نە برسیت ئەبێ‌و نە ڕوتاڵ دەبیت.

﴿١١٩﴾ خۆ بیگومان تۆ لە ناویا نەتینوت ئەبێ‌و نەگەرما، ئەمە ئامۆژگاری خوای باڵا دەست بو بۆ ئادەم، بەڵام شەیتان دەستی لەکۆڵ ئادەم نەکردەوەو هەوڵی دا تا لەو بەهەشتەدا دەریکرد.

قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴿١٢٦﴾ وَكَذَٰلِكَ
نَجْزِى مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِنۢ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ۚ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَشَدُّ
وَأَبْقَىٰٓ ﴿١٢٧﴾ أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ يَمْشُونَ
فِى مَسَٰكِنِهِمْ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلنُّهَىٰ ﴿١٢٨﴾ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ
سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَكَانَ لِزَامًا وَأَجَلٌ مُّسَمًّى ﴿١٢٩﴾ فَٱصْبِرْ عَلَىٰ
مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ ٱلشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا ۖ
وَمِنْ ءَانَآئِ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ ٱلنَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَىٰ ﴿١٣٠﴾ وَلَا
تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا
لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴿١٣١﴾ وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ
وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا ۖ لَا نَسْـَٔلُكَ رِزْقًا ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكَ ۗ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ
﴿١٣٢﴾ وَقَالُوا۟ لَوْلَا يَأْتِينَا بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّهِۦٓ ۚ أَوَلَمْ تَأْتِهِم بَيِّنَةُ مَا فِى
ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴿١٣٣﴾ وَلَوْ أَنَّآ أَهْلَكْنَٰهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِۦ
لَقَالُوا۟ رَبَّنَا لَوْلَآ أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ مِن
قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَىٰ ﴿١٣٤﴾ قُلْ كُلٌّ مُّتَرَبِّصٌ فَتَرَبَّصُوا۟ ۖ
فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ أَصْحَٰبُ ٱلصِّرَٰطِ ٱلسَّوِىِّ وَمَنِ ٱهْتَدَىٰ ﴿١٣٥﴾

(١٢٠) لەبەر ئەوە شەیتان بۆ ئەنجامدانی بڕیارە خراپەکەی ختۆکەی دڵی ئادەمی داو دنەی داو وتی: ئەی ئادەم ئایا ئەتەوێ کە من ڕێنماییت بکەم بۆ خواردنی بەری درختێك کە ژیانی هەمیشەییو موڵکی نەبراوەت پێدەدا؟ دیارە ئادەمیش حەزی لەوە دەکرد کە ژیانی هەمیشەیی هەبێو موڵکێکیوایشی دەست بکەوێت کە هەرگیز نەفەوتێ، لەبەر ئەوە ڕێنمایەکەی شەیتانی بە شتێکی چاك زانیو بەگوێی کردو درەختی قەدەغەکراوی بە ئادەم نیشان دا.

(١٢١) جا ئادەمو هاوسەرەکەی لێیان خواردو فرمانی (الله)یان لە بیر نەماو دوچاری تاوان بوون، جا لەبەر ئەوە پۆشاکەکانیان دڕاو عەیبیان کەوتە دەر، ئەوسا بە پەلە هەوڵیان دا کە خۆیان بە پەلکی درەختەکانی ئەو باخەی کە تێیدابون داپۆشن، بەڵێ ئادەم سەرپێچی فرمانی پەروەردگاری کردو لەو ئەرکەی کە پێی سپێررابو لای دا.

(١٢٢) لە پاشان پەروەردگاری هەڵی بژاردو تەوبەی لێ وەرگرتو ڕێنمایی کرد.

(١٢٣) فەرموی: ئەی ئادەمو حەواو شەیتان هەموتان دابەزنە سەر زەوی، هەندێکتان دوژمنی هەندێکتانن پاش ئەوەی کە چوونە سەرزەوی، جا ئەگەر ڕێنمایکەرو چاوساق لە لای منەوە هاتە لاتانو ڕێگای ڕاستی پیشان دان، ئەوسا هەرکەسێك پەیڕەوی لەو ڕێنمایکەرەی کرد نە ڕێگا ون ئەکاتو نە بەدبەخت ئەبێ.

(١٢٤) خۆ ئەوکەسەیش کە پشت بکاتە زیکری من کە قورئانە، بێگومان بۆ ئەوە ژیانێکی سەختو پڕناسۆری ئەبێ لەدنیاداو لە ڕۆژی قیامەتیشدا بەکوێری حەشری دەکەین،

(١٢٥) جا ئەو کاتە ئەڵێ: ئەی پەروەردگارم بۆ بە کوێری حەشرم دەکەی؟ خۆ من لەدنیادا چاوم ساق بوم.

(١٢٦) (الله)یش دەفەرموێ: ئاوا بەکوێری حەشرت دەکەین، چونکە لە دونیادا کە ئایەتەکانی ئێمە هاتەلات، جا ئەو کاتە تۆ ئەوانت لە بیری خۆت بردەوەو خۆتت لێ کوێر کردنو هەر ئاوەها ئەمڕۆ کە ڕۆژی قیامەتە تۆ لە بیر ئەبرێیتەوەو لە تۆڵەی تاوانەکانتا لە ناو دۆزەخ دا بەجێ دەهێنرێیت.

(١٢٧) جا هەر ئاوەها ئێمە لەوکەسەی کە زیادە ڕەوی دەکاتو فرمانی (الله) بەسوك دەگرێتو باوەڕی بە ئایەتەکانی پەروەردگاری خۆی نیە هەم لە دنیاداو هەم لەقیامەتدا تۆڵەی لێ وەرئەگرین بەڵام سزای دوارۆژ زۆر زۆر بەهێزترو دوانەهاتو ترە. پاشان دەفەرموێ:

(١٢٨) ئایا نابێ بە هۆی ڕێنمایی بۆیان ئەو هەمو خەڵكو وڵاتانەی کە لە پێش ئەوان دا لە ناومان بردونو ئەوان ئێستا بەناو جێگاکانیاندا هاتو چۆ ئەکەنو شوێنەکانیان بەچاوی خۆیان دەبینن؟ واتە: ئەبوایە ئەوانە کاری تێ بکردنایەو لە خراپەو تاوان وازیان بهێنایەو پەیڕەوی فرمانی (الله)یان بکردایە، چونکە بیگومان ئا لەوانەدا چەندین بەڵگەی گەورە هەیە بو ئەو کەسانەی کەوا خاوەنی عەقڵن. کەوابو ئەوەی کە بیر ناکاتەوە بەگوێرەی ئەم ئایەتە پیرۆزە هەر وەك ئەوە وایە کە عەقڵی لەدەست داوە، بەڵام حیسابی شێتی بۆ ناکرێتو لە ڕۆژی قیامەتیشدا خۆی دان بەبێ عەقڵی خۆیدا ئەنێو ئەڵێ:

ئەگەر عەقلم ببوایە ئێستا لەم ژیانە سەختەدا نەدەبووم. ئینجا پەروەردگار ئەوەمان تێ دەگەیەنێ کە ئەگەر ئەمڕۆ تاوانباران‌و ستەمکاران ئەبینن کە زوو تۆڵەیان لێ‌وەرناگیرێ لەبەر خۆشەویستی‌و چاکی ئەوان نیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە پەروەردگاری عالەم بۆ هەمو شتێك ماوەیەکی داناوە تا ئەوماوە تەواو نەبێ کابرا هەروا دەمێنێ. جا پەروەردگاریش لێرەدا دەفەرموێ:

(١٢٩) خۆ ئەگەر بڕیاری پەروەدگارت پێش نەکەوتایە بەوەی کە کاتی سزایان دیاری کراوو ناو براوە، دڵنیا بە کە ئێستا ئەوان لەسەر ئەو تاوانانەیان سزا درا بوون.

(١٣٠) جا کەوابو ئەی موحەممەد ﷺوە ئەی بانگ کەری ڕێبازە راستەقینەکەی (ﷲ) پایەدارو خۆگربە لە سەر ئەو قسە ناشرینانەی کە دەیکەن‌و خۆتت بەلاوە سوك‌و کەم نەبێ‌و تەسبیحاتی پەروەردگارت بکەو سوپاسی بکە لە سەر نیعمەتەکانی‌و نوێژی بۆبکە لە پێش ڕۆژهەڵ هاتنەوەو پێش ئاوا بوونیشیدا، واتە: ئەو دووکاتە، پاش نوێژی بەیانی تاخۆرکەوتن‌و پاش نوێژی عەسر تا خۆر ئاوابون دووکاتی پیرۆزن بۆ یادو زیکرو تەسبیحاتی (ﷲ). پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: {يَتَعَاقَبُونَ فِيكُمْ مَلَائِكَةٌ بِاللَّيْلِ وَمَلَائِكَةٌ بِالنَّهَارِ وَيَجْتَمِعُونَ فِي صَلَاةِ الْفَجْرِ وَصَلَاةِ الْعَصْرِ ثُمَّ يَعْرُجُ الَّذِينَ بَاتُوا فِيكُمْ فَيَسْأَلُهُمْ وَهُوَ أَعْلَمُ بِهِمْ كَيْفَ تَرَكْتُمْ عِبَادِي فَيَقُولُونَ تَرَكْنَاهُمْ وَهُمْ يُصَلُّونَ وَأَتَيْنَاهُمْ وَهُمْ يُصَلُّونَ./متفق عليه/ فریشتەیانێك بە ڕۆژو فریشتەیانێکیش بە شەو یەك لەدوای یەك دێن بۆ ناوتان، وە کاتی نوێژی بەیانی‌و عەسردا هەم فریشتەکانی ڕۆژو هەم فریشتەکانی شەو لە سەر زەوی کۆ دەبنەوەو پاشان ئەو فریشتانەی کە شەویان لە ناو ئێوە دا کردوەتەوە بەرز دەبنەوە، جا پەروەردگار پرسیاریان لێ دەکات کە بەندەکانی منتان چۆن بە جێهێشت، لە حاڵێکدا خۆی ئاگادارترە بەوان، جا ئەوان وەڵام دەدەنەوە کە ئێمە ئەوانمان بە جێهێشت لە حاڵێکدا کە نوێژیان دەخوێندو ڕۆیشتین بۆ لایان لە حاڵێکدا کە نوێژیان دەخوێندو} وە لە بەشێك لە شەودا کە کاتی نوێژی عیشاو مەغریب‌و شەو نوێژ دەگرێتەوە، وە لە هەردووگۆشەکانی ڕۆژەوە کە کاتی نوێژی بەیانی‌و نیوەڕۆو عەسرە، تەسبیحات بکە بەڵکو (ﷲ) پاداشتێکی وات پێ بدات کە تۆ رازی بیت. لێرەدا هێمایەکی تێدایە بۆ گرنگی کاتی پێنج فەرزەکان، ئینجا خوای گەورە ئامۆژگاری پێغەمبەرەکەیﷺ دەکات کە بە جوانی ماڵی دنیا خۆی خەریك نەکات‌و دڵنیا بێت کە ئەوەی پەروەدگاری بۆی داناوە لە هەمو دنیا بەنرخ ترەو دەفەرموێ:

(١٣١) زۆر سەیری ئەو سەروەت‌و سامانەی دنیاو ئەو نازو نیعمەتە زۆرەی کە ئێمە داومانە بە هەندێك لە بێ باوەڕان مەکەو چاوت بە شوێنیەوە نەبێت، ئەوە هەر جوانیەکی ژیانی دونیایەو بۆ ئەوەیە کە بەو شێوەیە تاقییان بکەینەوەو سەرگەرم‌و بێ ئاگایان بکەین لەدوا ڕۆژ، وە رزق‌و ڕۆزی پەروەردگارت چاکترەو درێژ خایەن ترە بۆت. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: { لَوْ كَانَتْ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ./الترمذي، ابن ماجه، صححه الالباني/ ئەگر هەمو دنیا لە لای پەروەردگار بە ئەندازەی باڵی مێشولەیێك نرخی بوایە قومە ئاوێکی لەم دنیادا بە کافر نەدەدا }

(١٣٢) ئەی محمد ﷺدەستور بدە بە ئەهلەکەت با نوێژ بکەن، وە دەوام بکە لە سەری‌و خۆت بگرەو مشوری دنیا مەخۆ، ئێمە داوای ڕۆزی لەتۆ ناکەین ئێمەین ڕۆزی بە تۆ دەدەین، وە ئایندیش هەر بۆ تەقواو پارێزکاریە. کەوابو تۆ لەسەر نوێژ کردن‌و فرمان دا بە ئەهلەکەت خۆ بگرەو بەردەوامبە سەر ئەنجام تۆ دەیبەیتەوەو بێ باوەڕان‌و تاوانباران هەرچییان هەبێ‌و هەر چۆن بژین سەرئەنجام دەشکێن‌و لەناو دەچن‌و دێنەوە بەردەستی من. ئینجا خوای زاناو ئاگادار باسی داخوازی ئەو کافرانە دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٣٣) جا ئەوان وتیان: ئای کاشکایە موعجیزەیەکی لە لایەن پەروەدگاریەوە بۆ بهێناین تا راستی ئەومان بۆ دەربکەوتایە، (ﷲ)یش بەر پەرچیان دەداتەوەو دەفەرموێت: ئایا ئەو بەڵگە ڕۆشنەی کە لە پەڕاوەکانی پێشودا باسکراوە، نەگەیشتوە بەوان؟ واتە: لە تەورات‌و ئینجیل دا، دەی ئەوان ئەگەر راستییان ئەوێت با تەماشای

بکەن بزانن ئەم پێغەمبەرە هەمان پێغەمبەرنیە کە لەوێدا باسکراوە؟

(١٣٤) خۆ ئەگەر ئەوانمان پێش هاتنی ئەو پێغەمبەرەﷺ بەسزایەك لە ناو ببردایە دیسان زمان درێژیان دەکردو رەخنەیان دەگرتو لە رۆژی قیامەتدا دەیانوت ئەی پەروەردگارمان با تۆ پێش تر نێرراوێکت بۆ ئێمە بناردایە، جا ئەو کاتە پێش ئەوەی کە ئاوا سەر شۆڕو سوك ببین، ئێمە دوای ئایەتەکانی تۆ دەکەوتین و دژایەتیمان نەدەکرد، واتە: پێغەمبەرمان نارد بەڵام ئەوان ئابەم شێوەیە رەخنەی لێ دەگرنو ئەگەر نەیشمان ناردایە لە رۆژی قیامەتدا ئاوایان دەوت. جا (ﷲ) بەپێغەمبەرﷺ دەفەرموێ:

(١٣٥) پێیان بڵێ: هەمومان با چاوەڕوان بین جا بەم زوانە دەزانن کێیە کە لەسەر رێگای راستە، وەکێیە لەسەر رێگای هیدایەتو خۆشبەختی . وە کێیشە کە لەسەر رێچکەو رێبازی چەوتەو گومڕاو شەرمەزارە؟

(٣١) سورەتی ئەنبیا (١١٢)

سورەتی ئەنبیا سورەتی بیستو یەکەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، سەدو دوانزە ئایەتەو ناوی شانزە پێغەمبەری تێدایە کە هیچ سورەتێکی تر ئەوەندە ناوی لە خۆدا کۆ نەکردوتەوە جگە لە سورەتی ئەنعام کە ناوی هەژدە لە پێغەمبەرانی تێدایە، بەڵام پاش ئەم سورەتە دابەزیوە. وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی حەفتاو یەکەمەو پاش سورەتی (السجدة) و پێش (النحل) دابەزیوە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) کاتی حیسابو لێکۆڵینەوە لەخەڵك نزیك بویەوە لە کاتێکدا کە ئەوان لە بێ ئاگایو بێ هۆشی دنیادانو پشتیان لە خوا پەرستیو ئایین کردوە. وا بە دنیاو بەخۆشیەکانی دنیا سەرقاڵن کە دەڵێیت هەر بۆ ئەم دنیایە دروستکراونو مردنو حیسابو کیتابێکیش لە ئارادا نیە! پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: (بُعِثْتُ أَنَا وَالسَّاعَةَ كَهَاتَيْنِ/متفق عليه/

(٣١) سُورَةُ الأَنبِيَاءِ (١١٢)

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ ﴿١﴾
مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ إِلَّا ٱسْتَمَعُوهُ وَهُمْ
يَلْعَبُونَ ﴿٢﴾ لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ ۗ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّجْوَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟
هَلْ هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ۖ أَفَتَأْتُونَ ٱلسِّحْرَ وَأَنتُمْ
تُبْصِرُونَ ﴿٣﴾ قَالَ رَبِّى يَعْلَمُ ٱلْقَوْلَ فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۖ
وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٤﴾ بَلْ قَالُوٓا۟ أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍۭ بَلِ
ٱفْتَرَىٰهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ فَلْيَأْتِنَا بِـَٔايَةٍ كَمَآ أُرْسِلَ ٱلْأَوَّلُونَ
﴿٥﴾ مَآ ءَامَنَتْ قَبْلَهُم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَآ ۖ أَفَهُمْ يُؤْمِنُونَ
﴿٦﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِىٓ إِلَيْهِمْ ۖ فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ
ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٧﴾ وَمَا جَعَلْنَٰهُمْ جَسَدًا لَّا
يَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَمَا كَانُوا۟ خَٰلِدِينَ ﴿٨﴾ ثُمَّ صَدَقْنَٰهُمُ
ٱلْوَعْدَ فَأَنجَيْنَٰهُمْ وَمَن نَّشَآءُ وَأَهْلَكْنَا ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٩﴾
لَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ كِتَٰبًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ ۖ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٠﴾

واتە: هاتنی من و قیامەت وەك ئەم دو پەنجە واین، هیچ لە نیوانماندا نیە)

(٢) جا هیچ ئامۆژگارییەکی تازەی یەك لەدوای یەکیان لە لایەن پەروەردگاریانەوە بۆ نەهاتوە مەگەر ئەوان بیستبێتیانوگاڵتەیان پێ کرد بێت.

(٣) چونکە دڵیان بێ ئاگایەو سەرخۆشی ژیانە کورتەکەی دنیایە، وە ئەو موشریكو ستەمکارانە بەشێوەی نهێنی چفە ئەکەن لەنێوان خۆیانداو دەڵێن: ئەمە بێجگە لەوەی کە مرۆڤێکە وەکو ئێوە شتێکی تر نیە، واتە: پێغەمبەر نیەو باوەڕی پێ مەکەن بەڵکو جادوگەرە، ئایا ئێوە باوەڕ بەو جادوە ئەکەن لە حاڵێکدا کە ئێوە ئەو هەڵسوکەوتو قسە کاریگەریانەی ئەبینن؟ وائەزانن کە مرۆڤێکە وەکو ئێوە، ئینجا خوای زانا هەڕەشەیان لێ ئەکاتو دەفەرموێ:

(٤) ئەی محمدﷺبڵێ، یان محمدﷺوتی: بەراستی پەروەردگاری من ئاگای لەو قسانە هەیە کە لە ئاسمانو لەزەویدا دەکرێت، وە ئەو زاتە بیسەری قسەکانتانەو زانایە بە کردارەکانتان.

وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا
ءَاخَرِينَ ﴿١١﴾ فَلَمَّآ أَحَسُّوا۟ بَأْسَنَآ إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ ﴿١٢﴾
لَا تَرْكُضُوا۟ وَٱرْجِعُوٓا۟ إِلَىٰ مَآ أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَٰكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ
تُسْـَٔلُونَ ﴿١٣﴾ قَالُوا۟ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿١٤﴾ فَمَا زَالَت تِّلْكَ
دَعْوَىٰهُمْ حَتَّىٰ جَعَلْنَٰهُمْ حَصِيدًا خَٰمِدِينَ ﴿١٥﴾ وَمَا خَلَقْنَا
ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿١٦﴾ لَوْ أَرَدْنَآ أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا
لَّٱتَّخَذْنَٰهُ مِن لَّدُنَّآ إِن كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿١٧﴾ بَلْ نَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ
عَلَى ٱلْبَٰطِلِ فَيَدْمَغُهُۥ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ ۚ وَلَكُمُ ٱلْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ
﴿١٨﴾ وَلَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَمَنْ عِندَهُۥ لَا يَسْتَكْبِرُونَ
عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ ﴿١٩﴾ يُسَبِّحُونَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ
لَا يَفْتُرُونَ ﴿٢٠﴾ أَمِ ٱتَّخَذُوٓا۟ ءَالِهَةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ هُمْ يُنشِرُونَ
﴿٢١﴾ لَوْ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَا ۚ فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ
عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٢٢﴾ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴿٢٣﴾ أَمِ
ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ۖ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ ۖ هَٰذَا ذِكْرُ مَن مَّعِىَ
وَذِكْرُ مَن قَبْلِى ۗ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْحَقَّ ۖ فَهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٢٤﴾

(٥) بەڵکو دەڵێن: ئەو قسانەی محمدﷺشتێکی پڕوپووچن بەڵکو دەڵێن: ئەو درۆ بە دەم خواوە دروست ئەکات بەڵکو دەڵێن: نەخێر ئەو شاعیرە دەبا ئەگەر راست دەکات ئایەتێکمان بۆ بهێنێت وەکو چۆن پێغەمبەرانی رەوانە کراوی پێشو هەریەکەی بەڵگەیەکی هێناوە بۆ گەلەکەی وەکو وشتری ساڵحو عەسای موساو زیندوکردنەوەی مردوان بۆ عیسا، واتە: بێ باوەڕانی خوانەناس کاتێ کە دژایەتی پێغەمبەرانو ئایین ئەکەن بەسەدان درۆ دروست ئەکەن بۆ سارد کردنەوەی خەڵكو رێ گرتن لە ئایین هەر کاتو ساتەی بە شێوەیەك ناوی ئەبەن بەڵام ئایین موڵکی (ﷲ)یەو خۆی خاوەنیەتی سەر ئەنجام بەرزیو سەرکەوتن هەر بۆ ئەوەو بەکەس ناگۆڕێ، بەراستی ئەو بێ باوەڕانە پێغەمبەریان ﷺ هەرلە منداڵییەوە دەناسیو دەیانزانی نەخوێندەوارەو پاشان ئەم قورئانە پڕلە زانست ودانایییەی بۆ هێنان کە موعجیزەیەکی هەتاهەتاییە، بەڵام ئەوان ئەمەیان بە موعجیزە هەژمار نەدەکردو داوای موعجیزەی کاتیان لێ دەکرد؟! وە هەر جارەو قسەیەکیان دەکرد، جارێك دەیان وت قسەی پڕوپوچە، جارێکیتر جوانی

وریكو پێکی ئایەتەکان وای پێدەکردن کە بڵێن نەخێر ئەوە شاعیرێکی تەواوە، ئینجا (ﷲ) دەفەرموێ:

(٦) گەلانی پێشو باوەریان بەو نیشانانە نەهێناکە خۆیان لە پێغەمبەرە کانیان داوایان کرد بوو، جا ئێمەش لەناومان بردن دەی ئایا ئەوانەی کە داوای موعجیزەو نیشانەت لێ دەکەن ئەگەر بۆیان رەوانە بکەین باوەڕ دەهێنن؟ دیسان (ﷲ) لە وەڵامی ئەوەدا کە دەڵێن: چۆن دەبێ پێغەمبەر مرۆڤێك بێ وەکو ئێمە دەفەرموێ:

(٧) ئەی محمدﷺئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان لە پێش تۆدا رەوانە نەکردوە، مەگەر پیاوانێك بوون لە نەوەی ئادەم کە وەحیمان کردوەتە لایان، واتە: ئێمە هەرگیز فریشتەمان نەناردوە بۆ نەوەی ئادەم، بەڵکو هەرلەم مرۆڤە خۆی نێرراومان هەڵبژاردوە، جا ئەگەر باوەڕ ناکەن بڵێ: با پرسیار بکەن لەوانەی کە زانان ئەگەر خۆتان نازانن، واتە: پرسیار لە زانایانی جولەکەو گاور بکەن بزانن کە ئەوان چی دەڵێن؟ مەگەر ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو عیساو موساو پێغەمبەرانی تر لە نەوەی ئادەم نەبوون؟

(٨) خۆ ئەوانمان نەکردوە بەتەنێکی وا کە هیچ خواردنێك نەخۆن، وە ژیانی هەمیشەیمان پێ نەداون بەڵکو ئەوانیش وەك هەمو خەڵکی تر خواردنیان خواردوەو مردویشن.

(٩) لە پاشان ئێمە ئەو بەڵێنەی کە بە ئەوانماندا هێنامانە دی، جا ئەوانمان رزگارکردو دەرچو لە یاسا کانیشمان لە ناوبرد. مرۆڤی کافرو خوانەناس هەندێ جار بەستەمکارو هەندێ جار بەلە سنور دەرچوو هەندێ جاریش بەتاوانبارو زیادەڕەو ناو ئەبرێن، چونکە کافرو خوانەناس هەمویان ئەوسیفەتە ناپەسەندانەیان تێدایە، جا هەر جارێك بە یەکێکیان ناوئەبرێت، بەڵام مەرج نیە کە هەرکەسێك ئەو سیفەتەی تێدابێت کافرو خوانەناس بێت.

(١٠) بێگومان پەڕاوێکمان بۆ ئێوە ناردوەکە سەربەرزیو خاوەن شکۆیی ئێوەی تێدایە ئەگەر دەستی پێوە بگرنو پەیرەوی بکەن، دەی ئایە ئێوە لەم راستیە تێناگەنو عەقڵتان ناخەنەکار کە بیر بکەنەوەو ئەو پلەبەرزو رێزە

گرنگە بۆخۆتان وەرگرن؟ ئایا ناتانەوێ بەسەر بەرزی بژین‌و بەسەر بەرزی بمرن؟

(١١) خۆ زۆر گەل‌و وڵاتمان پشت شکاندو لەناومان بردوون، چونکە ستەمکارو بێ باوەڕبوون، وەپاش ئەوان گەلێکی ترمان پلەو پایە پێ داوەو لەم خاکەدا جێ گیرمان کردوون، جا ئێوەش ئاگاتان لەخۆتان بێ ئەگەر لەسەر بێ دینی‌و کوفر بڕۆن هەمان ئیشتان لەگەڵدا ئەکرێت

(١٢) ئەوانەی کە داوایان دەکرد با سزا بێت کاتێ کە هەستی هاتنی سزایان کرد لە ترسا دەست دەکەن بە پەلەقاژەو راکردن بەم لاو بەولادا، جا لەو کاتەدا بە گاڵتە پێ کردنەوە پێیان دەوترێت:

(١٣) رامەکەن‌و بۆ کوێ دەچن بگەڕێنەوە بۆ ناو ئەو نازو نیعمەتانەی کە زۆر بۆی ماندو بوون‌و ئەو جێگاو ماڵانەی کە رەنجی چەندین ساڵەتان بوو، بەڵکو داوای شتێك لەو سەروەت‌و سامانە خۆشەویستەی دنیاتان لێ بکرێت‌و لەم سزایە رزگار ببن، بەڵام ئەوان لەم کاتەدا بەچاکی دەزانن کە تازە دێرەو کار لە کار ترازاوەو دادو قاڵ‌و راکردن هیچ دەردێکیان بۆ دەوا ناکات‌و بە چاوی خۆیان دەبینن کە چۆن ئەو هەمو سەروەت‌و سامانەیان لەناو دەچێت‌و لێیان دابڕ دەکرێت‌و کۆشك‌و بیناکانیان بەسەر یەك دا دەڕۆخێت تابەم شێوەیە ئێش‌و ژانیان زیاتر ببێت، ئەوسا دان بەخراپی‌و ستەمکاری خۆیاندا ئەنێن.

(١٤) دەڵێن: ئەی هاوار بۆ ئێمە بێگومان ئێمە ستەمکار بوین‌و ستەممان لەگەڵ خۆمان‌و هەمو دەوروبەرماندا کرد. بەڵام پاش هاتنی سزا تازە ئەو دانپێدانان‌و پەشیمان بوونەوە سودیان پێ نادات‌و سزایان لەسەر لانابات.

(١٥) بەردەوام ئەمە داوای ئەوانەو هەر ئاوا هاواردەکەن هەتا هەموویانمان لە ناو بردن‌و چەن وەل‌و بێ گیان کەوتن بەسەر یەکدا، جا ئەمە وانەیەکە بۆئەم گەلەی پێغەمبەرﷺو ئەبێ ئاگایان لە خۆیان بێت‌و دوچاری هەڵەی ئەوان نەبن تا وەك ئەوان توشی سزا نەبن، ئینجا (اللّٰه) دەفەرموێ:

وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ
إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ (٢٥) وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ۗ سُبْحَٰنَهُۥ ۚ
بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ (٢٦) لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم
بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ (٢٧) يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ
وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ
(٢٨) ۞ وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّىٓ إِلَٰهٌ مِّن دُونِهِۦ فَذَٰلِكَ نَجْزِيهِ
جَهَنَّمَ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ (٢٩) أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟
أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا
مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ (٣٠) وَجَعَلْنَا فِى ٱلْأَرْضِ
رَوَٰسِىَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَّعَلَّهُمْ
يَهْتَدُونَ (٣١) وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ
ءَايَٰتِهَا مُعْرِضُونَ (٣٢) وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ
وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ (٣٣) وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ
ٱلْخُلْدَ ۖ أَفَإِي۟ن مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَٰلِدُونَ (٣٤) كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ
ٱلْمَوْتِ ۗ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً ۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (٣٥)

(١٦) ئێمە ئاسمان‌و زەوی وە ئەوەی لە نێوانیاندایە بۆ گەمەو گاڵتە دروستمان نەکردوون پاك‌و بێ‌گەردی بۆ ئەو زاتەیە کە کردارەکانی دورن لە پڕو پوچی‌و بێ سودی. ئینجا لە وەڵامی ئەوانەی کە دەڵێن لە نێوان خواو جنۆکەدا پەیوەندی ژن‌و ژن خوازی هەیە دەفەرموێت:

(١٧) ئەگەر ئێمە بمان ویستایە هاوسەر بۆخۆمان دانێین هەر لەلای خۆمان دروستمان دەکرد، بێگومان ئێمە شتی واناکەین چونکە پێویستیمان بە هاوسەر نییە.

(١٨) بەڵکو حەق‌و راستیمان رەوانە کردو دەیدەین بە سەری ناحەقی‌و ناڕەوایدا، جا لە کەللەی ناڕەوا دەدات، ئینجا ئەویش کتوپڕ لەناوی دەچێت‌و دەپوکێتەوەو نامێنێ، وە بۆ ئێوەش ئەی موشریك‌و خوا نەناسەکان هاوارو دادو وەیل هەیە لەو وەسفە ناڕەواو خراپانەی کە بەرامبەر بە پەروەردگار دەیڵێن.

(١٩) جا ئەوەی کەلە ئاسمانان‌و زەویدا هەیە هەر بۆ (اللّٰه)یەو هەمووی موڵکی ئەوە، جا موڵکایەتی‌و هاوسەری و ئەولادی دژی یەکترن وە ئەوانەی کە لەلای (اللّٰه)ن ، واتە:

فریشتەکان هەرگیز خۆ بەگەورە ناگرنو لانادەن لەبەندایەتی ئەو زاتەو ماندو نابن، جا بەندەگەلی (الله) چۆن دەگونجێ منداڵی ئەو زاتە بن؟! ئەوانە بەندەیانێکن کە لە بەندایەتی (الله) لانادەنو ماندو نابن

٢٠ بە بەردەوامی شەوو رۆژ تەسبیحاتی ئەو زاتە دەکەن، وە لەو بەندایەتیشە نابچڕێن.

٢١ ئایا ئەوان ئاوا خودایانێك لەم زەوییەدا بۆ خۆیان دادەنێن کە ئەوان بتوانن مردوان زیندو بکەنەوە؟ واتە: ئایا بێجگە لە (الله) خودایەکی ئاوا شك دەبەن؟ ئینجا (الله) خۆی وەڵام ئەداتەوەو دەفەرموێ:

٢٢ ئەگەر لەم زەوی‌و ئاسمانانەدا چەند خوایەکی تر ببوایە جگە لە (الله) بێگومان زەوی‌و ئاسمانەکان لە ناو ئەچون، جا کەوابو(الله) کە پەروەردگاری عەرشە، پاکەو دورە لەو وەسفە ناڕەواو خراپانەی کە ئەوان بۆ ئەو زاتەی دادەنێنو دەڵێن کە (الله) هاوبەش‌و منداڵ‌و هاوسەری هەیە.

٢٣ پرسیار ناکرێت لەو زاتە لەوەی کە ئەیکات چونکە خۆی پەوەردگارو دروستکەرو کار بەجێ‌و زانایە، بەڵکو ئەوانن کە پرسیاریان لێ دەکرێت. بەڵێ بەراستی ئەو زاتە پرسیاری هەمو کردەوەکان لەوان دەکات.

٢٤ ئایا ئەوان بێجگە لەو زاتە خودایانێکی تر ئەپەرستن؟ ئەی محمدﷺ بڵێ: ئادەی بەڵگەی راستی لەسەر ئەو خودایانەتان بهێننو بیسەلمێنن کە پەرستنی ئەوانە حەق‌و رەوایە، ئاشکرایە کە هیچ بەڵگەیەکیان نیە، بڵێ: ئەوەی کە پێم وتن کە (الله) هیچ شەریك‌و هاوبەشێکی نیە قسەی ئەم قورئانەو قسەی هەموکتێبانی پێش منە، وە ئەم قورئانە مایەی شەرەف‌و رێزە بۆ ئەو کەسەی لە گەل مندایەو مایەی شەرەف‌و رێزیشە بۆ باوەڕدارانی پێش من، جا ئەوەی دەستی پێ بگرێت سەربەرزو بەختیارە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەمو بەڵگە رونانەدا زۆربەیان حەق نازاننو نایناسنو پشت تێ دەکەنو گوێی پێ نادەن.

٢٥ خۆ رەوانەمان نەکردوە لە پێش تۆدا هیچ پێغەمبەرێك مەگەر وەحییمان کردبێتە لای بەوەی کە هیچ پەرستراوێکی راست نیە بێجگە لە من، دەی ئێوەش تەنها بەندایەتی بۆ من بکەن، ئینجا خوای گەورە هەروا درێژە بە باسی قسە ناڕەواکانی خوا نەناسان دەداتو دەفەرموێ:

٢٦ جا ئەوان دەڵێن رەحمان منداڵی هەیە، ئەو زاتە پاك وبێ نیازە لەهەمو وەسفێکی ناڕەوا بەڵکو ئەوانەی کەبە منالی خوای ئەزانن کە فریشتەکانن بەندەیانێکی رێز لێ گیراون، واتە: ئەمانە عەبدو بەندەی ئەو زاتەن نەك منداڵی، وە ئەزاتە پاکە لە وەسفانە.

٢٧ هەرگیز پێش ناکەون لە (الله) بەهیچ قسەیەك، واتە: ناتوانن هیچ بڕیارێك بدەن هەتا (الله) بڕیار نەدات، خۆ ئەوان بە فرمانی (الله) ئیش ئەکەنو خۆیان سەربە خۆ هیچ ئیشێك ناکەن.

٢٨ جا (الله) ئاگادارە بەوەی کە کردویانەو بەوەیش کە دەیکەن و ئەوان شەفاعەت ناکەن مەگەر بۆ ئەوکەسەی کە (الله) رازی بێت لێی و ئەوان هەمیشە لە سامو هەیبەتی (الله) دەترسن.

٢٩ ئەوسا هەرکام لەوان بڵێ : من خوام نەك ئەو (الله)یەی کە ئێوە دەیپەرستن، جا ئەوە ئێمە تۆڵەی لێ دەسێنینو بە ئاگری دۆزەخ سزای دەدەین هەر ئاوەهاش تۆڵە دەسێنین لە ستەمکاران، ئینجا خوای باڵادەست باسی توانای‌و دەسڵاتی خۆی دەکاتو دەفەرموێ:

٣٠ ئایا بێ باوەڕان نابیننو نازانن کە بێگومان ئاسمانانو زەوی یەك پارچە بون ئێمە لەیەك جیامان کردنەوە. بەڵێ ئاسمانانی کرد بە حەوت ئاسمانو زەویشی کرد بە حەوتو هەوای دانا لەنێوانیان داو لە ئاسمانەوە پاش ئەوەی کە بێباران بو بارانی باراند جا زەویش کە وشك‌و بێگژوگیا بو ئاودێری کردو بە گژوگیا نەخشاندی، جا دەفەرموێ: خۆ ئێمە ژیانو گەشانەوەی هەمو شتێکمان بە ئاوەوە بەستوەتەوە دەی ئایا هەر باوەڕ ناهێنن؟

وَإِذَا رَءَاكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا
أَهَٰذَا ٱلَّذِى يَذْكُرُ ءَالِهَتَكُمْ وَهُم بِذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ
هُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٣٦﴾ خُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ مِنْ عَجَلٍ سَأُوْرِيكُمْ
ءَايَٰتِى فَلَا تَسْتَعْجِلُونِ ﴿٣٧﴾ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ
إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٣٨﴾ لَوْ يَعْلَمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ حِينَ
لَا يَكُفُّونَ عَن وُجُوهِهِمُ ٱلنَّارَ وَلَا عَن ظُهُورِهِمْ وَلَا
هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٣٩﴾ بَلْ تَأْتِيهِم بَغْتَةً فَتَبْهَتُهُمْ فَلَا
يَسْتَطِيعُونَ رَدَّهَا وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿٤٠﴾ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ
بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُواْ مِنْهُم مَّا كَانُواْ بِهِۦ
يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٤١﴾ قُلْ مَن يَكْلَؤُكُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ مِنَ
ٱلرَّحْمَٰنِ بَلْ هُمْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِم مُّعْرِضُونَ ﴿٤٢﴾ أَمْ
لَهُمْ ءَالِهَةٌ تَمْنَعُهُم مِّن دُونِنَا لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَ
أَنفُسِهِمْ وَلَا هُم مِّنَّا يُصْحَبُونَ ﴿٤٣﴾ بَلْ مَتَّعْنَا هَٰٓؤُلَآءِ
وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ طَالَ عَلَيْهِمُ ٱلْعُمُرُ أَفَلَا يَرَوْنَ أَنَّا نَأْتِى
ٱلْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَآ أَفَهُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٤٤﴾

(٣١) ئەوسا لە ناو زەویدا چیای بتەوو بەهێزمان دانا تا ببن بەهۆی راگرتنی زەوی‌و درێژەدان بەژیانی ئێوە، چونکە ئەگەر ئەو چیا بتەوانە نەبوایە زەوی وا بەهێزو راوەستاو نەدەبو وە ئێمە دامان ناوە لەسەر زەویدا چەندین رێگەی جۆراو جۆر تا ئەوان بەهۆی ئەو رێگایانەوە بتوانن بەرەو مەبەستی خۆیان برۆن.

(٣٢) جا ئاسمانمان کردوە بەسەربانێکی پارێزراو لە هەڵوەرین‌و لەت بوون‌و روخان‌و دەست تێخستنی شەیتانەکان بەڵام ئەوان پشتیان لەو نیشانانەی ئەوکردوەو گوێی پێنادن‌و هیچ پەندو ئامۆژگارییەکی لێ وەرناگرن‌و ناڵێن کێ ئەم ئاسمانگەی بەو شێوە جوان‌و رێك وپێکە دروستکردوەو راگیری کردوە؟ بەداخەوە بەو مەخلوقە گرنگە خالیق نادۆزنەوە!

(٣٣) خۆ هەر ئەو زاتەیە کە شەوو رۆژو خۆرو مانگی دروستکردوە و هەمویان لە جێگا خولگەی تایبەتی خۆیاندا مەلەوان ئاسا دەسورێنەوە. ئینجا (الله) دەفەرموێ:

(٣٤) جا ئێمە پێش تۆ هیچ مرۆڤێکمان نەکردوە بە مرۆڤێکی هەمیشە زیندوو ژیانی هەمیشەییمان بە هیچ کەس نەداوە، بەڵکو هەمویان مردون جا تۆش هەروەکو ئەوانی بەڵام ئایا ئەگەر تۆ بمری ئەو کافرانەی کە چاوەڕوانی مردنی تو دەکەن‌و پێیان وایە کە بە مردنی تو کۆتای بە پەیامەکت دێت، ئەوان دەمێنێنەوە؟ نەخێر شتی وانیە.

(٣٥) هەمو گیان لەبەرێك ئەبێ تامی مردن بچەژێت‌و بمرێ وە ئێمەیش تاقی دەکەینەوە بە هەژاری و بەدەوڵەمەندی، بە تەنگانەو بەفەرەحی، بەژێر دەستەی‌و لاوازی‌و بەهێزو دەستەڵات، بە چاك‌و خراپ تا دەرکەوێت کێ راستەو خۆگرەو کێیش ناپاکەو خۆی دۆڕاندوە وە هەربۆلای ئێمە دەگەڕێنەوە کەوابو جا کافران‌وخوانەناسان با دڵخۆش نەبن هەر چەند بژین هەردەبێ ئەو تامە تاڵ‌و دژوارەی مردن بچەژن، وە ئەوەی کە پێیان دراوە هەموی بۆ تاقی کردنەوەیە ، جا پێویستە موسڵمانیش ئاگای لەخۆی بێت‌و بزانێ کە بۆ تاقی کردنەوە هێنراوەتە سەرزەوی‌و پاش کەمێ تر بەرەو حیساب‌و دادگا ئەچێت دەی با خۆی ئامادە بکات بۆ ئەو سەفەرە درێژەی کە گەڕانەوەی نیەو پەشیمان بوونەوەیش سودێکی نابێت، جا با وریا بێت‌و بە باوەرێکی پاکەوە لەو تاقی کردنەوانەی دنیادا کە(الله) بە سەری دا دەهینێت لەخۆشی‌و ناخۆشی خۆی نەدۆڕێنێت. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {احْفَظْ اللهَ يَحْفَظْكَ احْفَظْ اللهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلْ اللهَ وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللهِ وَاعْلَمْ أَنَّ الْأُمَّةَ لَوْ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ لَكَ وَلَوْ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ عَلَيْكَ رُفِعَتْ الْأَقْلَامُ وَجَفَّتْ الصُّحُفُ/احمد وغيره، صححه الالباني/ چاودێری فرمانەکانی (الله) بکەو مەیان فەوتێنە (الله)یش چاودێری‌و پارێزگاریت لێ دەکات چاودێری مافەکانی (الله) بکە تا (الله) لە سەختی دنیاو دوارۆژ دا فریاتان بکەوێت، جا هەر کاتێك داوا دەکەیت هەر لە (الله) داوا بکە، وە هەر کاتێك دەوای یارمەتی دەکەیت هەر لە (الله) داوای یارمەتی بکە، جا چاك بزانە کە ئەگەر هەمو

حەڵك كۆ ببێتەوە بۆ ئەوەی كە سودێكت پێ بگەیەنن هیچ سودێكت پێ ناگەیەنن مەگەر هەر ئەوە نەبێت كە (ﷲ) بۆ تۆی نوسیبێت، وە ئەگەر هەمویان كۆببنەوە بۆ ئەوەی زیانێكت پێ بگەیەنن ناتوانن هیچ زیانێكت پێ بگەیەنن مەگەر ئەوە نەبێت كە (ﷲ) بۆی نوسیویت قەڵەمەكان هەڵگیران‌و نوسینی سەرنجامەكان‌و بڕیارەكان كۆتایی پێهات‌و پەڕەكانیش وشك بونەوەو تازە ئیتر هیچیان لێ نانوسرێت}، واتە: هەمو بونەوەر لە ناو دەریای تەقدیری تۆماركراودا دە سوڕێتەوە، ئەمە بەڵگەی كەمالی عیلمی (ﷲ)یەو هیچ زۆرەملی‌و ئیجبارێك لەكاردانیە، زیربەو باش لەمە تێبگە چونكە بەشێكی گرنگی بیرو باوەڕتە.

٣٦ جا كەئەوانەی كە بێ باوەر بوون هەر كاتێك تۆ دەبینن گاڵتەت پێ دەكەن وبەسوك تەماشات دەكەن‌و دەڵێن: ئایا ئەمەیە ئەو كەسە كەوا بە خراپی باسی خواكانتان ئەكات؟ وە هەر ئەوانن كە بێ باوەڕن بەم قورئانەوبە یادی ئەو زاتە بەرەحم‌و میهرەبانە، جا بەڕاستی هەر ئەوانن بێ نرخ‌و سوك‌و گاڵتە پێكراو نە تۆ ئەی محمدﷺ .

٣٧ مرۆڤ دروستكراوێكی بە پەلەیەو هەمیشە دەیەوێ زو ئاوات‌و ئامانجەكانی بێتەدی، جا باوەڕداران ئەیانەوێت زوو پەروەردگار تۆڵە لە بێ باوەڕان وەرگرێت‌و سزایان بدات‌و بێ باوەڕانیش بە پەلەن لە هاتنی ئەونیشانەو بەڵێنانەی كە پێیان دراوەو دەڵێن: ئەگەر ئەو بەڵینانە راستە دەی با زوو بێتە دی، بەم زوانە منیش نیشانەكانی خۆم پیشانی ئێوە دەدەم كەوابو زۆر پەلە مەكەن، چونكە هەر دێت‌و پەلەی ناوێت بەڵام هەموشت لەلای (ﷲ) كاتی دیاری كراوەو تاكاتی خۆی نەیەت ئەوشتە رونادات. هەندێك (عَجَلٍ) بەقوڕ مانا كردوە، واتە: مرۆڤمان لەقوڕ دروستكردوە.

٣٨ وە دەڵێن: كەی ئەو بەڵێنە دێتەجێ ئەگەر راست ئەكەن؟(ﷲ)یش ئەفەرموێ:

٣٩ ئەو كەسانەی كە كافرو خوا نەناس بون ئەگەر بزانن بەو كاتەی كەوا ناتوانن ئاگر لە دەم‌و چاویان‌ولە پشتیان لابدەن‌و خۆیانی لێ رزگار بكەن لە كاتێكدا كە ئەوان یارمەتیش نادرێن‌و كەسیش بە هاواریانەو نایەت، لەدنیادا قسەی ئاوایان نەدەكرد، ئەوان داوای هاتنی سزا دەكەن!

٤٠ بێگومان بەكتوپڕی سزایان بۆ دێت، جا ئەو كاتە مات‌و سەرگەردانیان ئەكات، ئیتر ئەو كاتە ناتوانن ئەو سزایە كە هات بیگەڕێننەوەو لە دەستی رزگار ببن خۆ ماوەیشیان پێ نادرێت تا بیر لە چارەسەرییەك بكەنەوە، ئینجا خوای میهرەبان بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ:

٤١ خۆ بێگومان گاڵتەكراوە بە پێغەمبەرانی پێش تۆش‌و بەسوك تەماشا كراون، جا بۆ ئەوكەسانەی كە گاڵتەیان كردوە بە پێغەمبەران، ئەوسا ئەو سزایەی كە گاڵتەیان پێ‌دەكرد هات بە سەریان داو تۆڵەی ئەو گاڵتە پێ‌كردنانەیان لێ وەرگیرا. جا ئەمە هەروەك دڵدانەوەی پێغەمبەرمانەﷺ هەڕەشەیشە لە بێ باوەڕانی گاڵتەكەر بە پێغەمبەرﷺو ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

٤٢ ئەی محمدﷺبڵێ: كێ بە شەوو بەرۆژ دەتان پارێزێ لە سزای رەحمان بێجگە لە میهرەبانی‌و پاراستنی خۆی نەبێت؟ جا ئەوە بەجێی خۆی، خۆ بێگومان ئەوان پشتیان كردوتە پەڕاوو یادی پەروەردگاریانەوەو كۆتا نایەن لەو لارەملی‌و پشت تێكردنە.

٤٣ ئایا بۆئەوان خوایانێك هەیە كە بیانپارێزێ‌و یارمەتیان بدات جگە لە ئێمە؟ نەخێر، بێگومان ئەوانە ناتوانن یارمەتی خۆیشیان بدەن، وە لەلایەن ئێمەوە یارمەتی نادرێن‌و نا پارێزرێن، واتە: نەخۆیان پێیان دەكرێت و نە ئیمەش یارمەتیان دەدەین، ئینجا (ﷲ) هۆی سەركەشی بێ باوەڕان باس دەكات‌و دەفەرموێ:

٤٤ بەڵكو ئەوان‌و باوو باپیرانیانمان لەنازو نیعمەتی خۆماندا ژیاند تا تەمەنێكی درێژیان كردو ماوەیەكی زۆر هات بە سەریانداو وایان دەزانی كە خۆیان شیاوی ئەو نازو نیعمەتەن، بۆیە پێیان دراوە، ئایا هەر لەسەر ئەو بۆچونە هەڵەیە ئەڕۆن‌و بیر لەئاكامی خۆیان ناكەنەوە، ئایا ئەوان نابینن كە بێگومان ئێمە كەم كەم زەوییان لێ

کەم ئەکەینەوەو کۆمەڵ بە کۆمەڵ خەڵکی ئەم زەویە دەمرێنین‌و لە ئەنجام دا هیچ گیانلەبەرێکی تێیدا نامێنێتەوە؟ جا هەموی هەر بۆ (الله) دەمێنێتەوە، یان بەسەرکەوتنی تۆ بەسەر شارو دێهاتەکانی دەوروبەریان دا زەوییان لێ کەم دەکەینەوەو تەنگی دەکەین لێیان، ئایا ئەوانن سەرکەوتو؟ واتە: ئەگەر ژیر بن هەر ئەمە بەسە بۆیان کە بیر بکەنەوەو لە دژایەتی (الله)و پێغەمبەرەکەی واز بهێنن.

(٤٥) ئە محمدﷺ بڵێ: من پێغەمبەرێکم هەر بە هۆی ئەم قورئانەوە کە وەحی کراوەتە لام دەتانترسێنم لە سزای(الله)و شتێکم لە لایان خۆمەوە پێ نەوتوون خۆ ئەوانەی کە کەڕن، هەرکاتێك کە ئامۆژگاری بکرێن‌و بترسێنرێن گوێیان لەم بانگەوازە نابێت.واتە ئەمانە خۆیان کەڕدەکەن تانەبیسن؟!

(٤٦) قەسەم بێت ئەگەر ئەوان لەلایەن پەروەردگارتەوە یەك کەم سزایان پێ بگات بێ گومان کە دەڵێن: وای بۆ ئێمە چیمان بە خۆمان کرد بێگومان کە ئێمە ستەمکار بوین جا بەم شێوەیە دان بە ستەمی خۆیان دا دەنێن.

(٤٧) خۆ ئێمە میزانەکانی دادپەروەری لە ڕۆژی قیامەتدا دادەنێین جا هیچ کەسێك هیچ ستەمێکی لێناکرێت‌و ئەو کارانەی کە دەیکەن لە چاك‌و خراپ ئەگەر بە ئەندازەی تۆیی خەرتەلەیەك بێت دەیهێنینەوە بۆ لێ کۆڵینەوەو حیساب، وە بەسە کە ئێمە حسابکەری کردارەکان بین، چونکە هەموی دەزانین‌و هیچمان لێ ون نابێت‌و ستەمیش لە کەس ناکەین. دایکی باوەڕداران عایشە دەڵێت: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەرﷺو وتی: ئەی پێغەمبەرﷺ من هەندێك کۆیلەم هەیە کە درۆم لەگەڵدا دەکەن‌و خیانەتم پێدەکەن‌و لە قسەم دەردەچون جا بۆیە منیش لێیان دەدەم‌و قسەیان پێدەڵێم جا حیسابی من‌و ئەوان چۆنە؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرموی: {يُحْسَبُ مَا خَانُوكَ وَعَصَوْكَ وَكَذَّبُوكَ وَعِقَابُكَ إِيَّاهُمْ فَإِنْ كَانَ عِقَابُكَ إِيَّاهُمْ بِقَدْرِ ذُنُوبِهِمْ كَانَ كَفَافًا لَا لَكَ وَلَا عَلَيْكَ وَإِنْ كَانَ عِقَابُكَ إِيَّاهُمْ دُونَ ذُنُوبِهِمْ كَانَ فَضْلًا لَكَ وَإِنْ كَانَ عِقَابُكَ إِيَّاهُمْ فَوْقَ ذُنُوبِهِمْ اقْتُصَّ لَهُمْ مِنْكَ الْفَضْلُ /الترمذي، صححه الالباني/ واتە: ئەو خیانەتەی کە

قُلْ إِنَّمَآ أُنذِرُكُم بِٱلْوَحْيِ ۚ وَلَا يَسْمَعُ ٱلصُّمُّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا
مَا يُنذَرُونَ ﴿٤٥﴾ وَلَئِن مَّسَّتْهُمْ نَفْحَةٌ مِّنْ عَذَابِ رَبِّكَ
لَيَقُولُنَّ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٤٦﴾ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ
ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ
مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ
﴿٤٧﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلْفُرْقَانَ وَضِيَآءً وَذِكْرًا
لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٤٨﴾ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ وَهُم مِّنَ
ٱلسَّاعَةِ مُشْفِقُونَ ﴿٤٩﴾ وَهَٰذَا ذِكْرٌ مُّبَارَكٌ أَنزَلْنَٰهُ ۚ أَفَأَنتُمْ لَهُۥ
مُنكِرُونَ ﴿٥٠﴾ ۞ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ وَكُنَّا
بِهِۦ عَٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِىٓ
أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ ﴿٥٢﴾ قَالُوا۟ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا لَهَا عَٰبِدِينَ ﴿٥٣﴾
قَالَ لَقَدْ كُنتُمْ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمْ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٥٤﴾ قَالُوٓا۟
أَجِئْتَنَا بِٱلْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ ٱللَّٰعِبِينَ ﴿٥٥﴾ قَالَ بَل رَّبُّكُمْ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ٱلَّذِى فَطَرَهُنَّ وَأَنَا۠ عَلَىٰ ذَٰلِكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ
﴿٥٦﴾ وَتَٱللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَٰمَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا۟ مُدْبِرِينَ ﴿٥٧﴾

پێیانکردویت‌و ئەوسەرپێچیەی لە فرمانی‌تۆیانکردووە‌و ئەودرۆیانەی لەگەڵ تۆدا کردویانەو ئەو تۆڵەیش کە تۆ لە ئەوانت وەرگرتوە حیساب دەکرێت جا ئەگەر تۆڵەی تۆ لەوان بەئەندازەی تاوانی ئەوان بێت ئەوە نەقازانج‌و نە زەرەرت لەسەر نیەو وەك یەکیکیان لێهاتوە بەڵام ئەگەر تۆڵەی تۆ لەوان لە تاوانی ئەوان کەمتربێت ئەوە زیادەیەکەو بۆت، بەڵام ئەگەر تۆڵەی تۆ لەوان لە تاوانی ئەوان زۆرتربێت ئەوە تۆڵەی ئەوزیادەیەت بۆئەوان لە تۆ وەردە گیرێتەوە}، جا پیاوەکە دەستی کرد بە گریان‌و پێغەمبەریش ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە پاشان پیاوەکە وتی: باشترین شت بۆ ئەوان‌و بۆ من ئەوەیە کە لەیەکتر جیا بین جا شایەت بن کە من هەموویانم ئازاد کرد.

(٤٨) بەحەقیقەت ئێمە (تەورات)مان دا بە موساو هارونکە جیاکەرەوەی حەق‌و ناحەق‌و روناکی‌و ئامۆژگاریە بۆ پارێزکاران. جا ئەو پارێزکارانە کێن؟

(٤٩) ئەو کەسانەن کە لە پەنامەکیدا لە پەروەردگاری خۆیان دەترسن، وە ئەوانە لە ڕۆژی قیامەت دەترسن چونکە ئەزانن ئەو ڕۆژە چەند سەختەووپڕ مەترسییە.

فَجَعَلَهُمْ جُذَٰذًا إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ
٥٨ قَالُوا۟ مَن فَعَلَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَآ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥٩
قَالُوا۟ سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُۥٓ إِبْرَٰهِيمُ ٦٠ قَالُوا۟ فَأْتُوا۟ بِهِۦ
عَلَىٰٓ أَعْيُنِ ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ ٦١ قَالُوٓا۟ ءَأَنتَ فَعَلْتَ
هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَا يَٰٓإِبْرَٰهِيمُ ٦٢ قَالَ بَلْ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمْ
هَٰذَا فَسْـَٔلُوهُمْ إِن كَانُوا۟ يَنطِقُونَ ٦٣ فَرَجَعُوٓا۟ إِلَىٰٓ
أَنفُسِهِمْ فَقَالُوٓا۟ إِنَّكُمْ أَنتُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٦٤ ثُمَّ نُكِسُوا۟ عَلَىٰ
رُءُوسِهِمْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَٰٓؤُلَآءِ يَنطِقُونَ ٦٥ قَالَ
أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْـًٔا وَلَا
يَضُرُّكُمْ ٦٦ أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَفَلَا
تَعْقِلُونَ ٦٧ قَالُوا۟ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓا۟ ءَالِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ
فَٰعِلِينَ ٦٨ قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ٦٩
وَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَٰهُمُ ٱلْأَخْسَرِينَ ٧٠ وَنَجَّيْنَٰهُ
وَلُوطًا إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا لِلْعَٰلَمِينَ ٧١ وَوَهَبْنَا
لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً وَكُلًّا جَعَلْنَا صَٰلِحِينَ ٧٢

(٥٠) ئەوسا ئەم قورئانەی کە ناردومانە ئامۆژگاریکەرێکی پیرۆزە ئایا ئێوە نکۆلی دەکەن‌و نمەك نەناسن؟

(٥١) جا بە حەقیقەت ئێمە هەر لە پێشدا ئەوەی کەراست‌و دروستبو لەبیرو بۆچونی یەکتاپەرستی پاك‌وخاوێن بە ئیبراهیمان بەخشی‌وتێمان گەیاند کەچی بکات، وە ئێمە باشمان دەناسی‌و بە شایستەیی ئەم ئەرکە قورسەمان دەزانی.

(٥٢) دەی بیریان بخەرەوە ئەو کاتەی کە بە باوکی وت: ئەم پەیکەرانە چین کە ئێوە مل کەچن بۆیان‌و لە بەردەمیاندا خۆتان متکردوەو دەیان پەرستن؟

(٥٣) وتیان: ئیمە باوکانی خۆمانمان دیوە کە بەندایەتی ئەمانەیان دەکردو دەیان پەرەستن. واتە، پەرستنێکی کوێرانەیەو نامانەوێ کەوازی لێ بهێنین.

(٥٤) ئیبراهیم وتی: بەحەقیقەت ئێوەو باوکانیشتان لە گومراهی ئاشکرا دان.

(٥٥) ئەوانیش وتیان: ئەوە تۆ لە راستیتە؟ ئایا تۆ هیچ راستیەکت هێناوە بۆمان‌و هیچت بە دەستەوەیە یان لە دەسبرو گاڵتەچییانی؟

(٥٦) ئیبراهیم وتی: نەخێر وا نیە کە ئێوە دەیڵێن، بەڵکو من راستیم بۆ ئێوە هێناوەو ئەمانە پەروەردگاری ئێوە نیین، بەڵکو پەروەردگاری ئێوە، هەرئەو پەروەردگارەی ئاسمانان‌و زەوییەکە دروستیکردون‌و من لە سەر ئەوەی کە وتم یەکێکم لە شایەتەکان.

(٥٧) قەسەم بە(الله) پاش ئەوەی کە پشتان تێ کردن‌و رۆیشتن من فێڵێك بەو بتانەی ئێوە دەکەم. بەڵێ ئیبراهیم بۆ هەلێك ئەگەڕا بۆ هێنانەدی سوێندەکەی‌و هەمو رۆژێك لەبیری ئەوەدا بو تا کاتی جەژنێکیان هات، جا باویان وابوو کە دەچونە دەرەوەو داوایان لە ئیبراهیمش کرد کە لە گەلیان بچێت بەڵام ئیبراهیم وتی: من نەخۆشم‌و نایەمە دەرەوە، جا کاتێ چونە دەرەوە هاتە لای بتەکان‌و بەگاڵتە پێکردنەوە پێی وتن: ئەوە بۆ هیچ ناخۆن، ئەوە بۆ قسە ناکەن ئینجا بە تەور هات بە وێزەیان دا.

(٥٨) جا هەمویانی پارچە پارچەکرد بێجگە لە بتە گەورەکەیان‌و تەورەکەی لەسەر شانی داناو هاتە دەرەوە، بەو هیوایە کەئەوان بگەڕێنەوە بۆلای‌و لەبێ دەنگی‌و بێ دەسڵاتی خواکانیان تێبگەن، پاشان گەلەکەی لە جەژنەکەیان گەڕانەوەو دییان کە خواکانیان خراپیان بەسەرهاتوەو لەتو پەت کراون.

(٥٩) وتیان: کێ وای کردوە بە خواکانمان؟ بێگومان ئەو کەسەی ئاوای لە خواکانمان کردوە لە ستەمکارانەو ستەمی لە خواکانمان کردوە! جا بزانن کێیەو پەیدای بکەن، هەندێکیان کە قسەکانی ئیبراهیمیان لە بیر بو.

(٦٠) وتیان: بیستومانە لاوێك بەخراپە ناویانی دەبرد کە ئیبراهیمیان پێ دەوت.

(٦١) جا پاشا و پیاو ماقوڵانیان وتیان: بچن بەناو خەڵکا بیهێنن بەڵکو کەسانێك هەبن چاویان پێ کەوتبێ‌و شایەتی لەسەر بدەن‌و ئامادەی دادگایی‌و سزادانەکەی ببن، ئەوانیش چون‌و بەناو خەڵکا هێنایان‌و کەس شایەتی لەسەر نەداو بردیانە بەردەم پاشاو دارو دەستەکەی، جا کەوتنە لێ کۆڵینەوە لەگەڵ ئیبراهیم دا.

(٦٢) وتیان: ئەی ئیبراهیم تۆ ئاوەهات کردوە بە خواکانی ئێمە؟

(٦٣) ئیبراهیم وتی: وانیە کە ئێوە بۆی دەچن هەرکەس کردویەتی، ئەوە گەورەکەیانەو تەوری بەشانەوەیە، دەی پرسیاریان لێ بکەن ئەگەر قسە ئەکەن با پێتان بڵێن چی قۆماوەو کێ ئەم ئیشەی کردوە، ئیبراهیم بەم وتە کورتو جوانەی هەژاندنیو هێنانیەوە سەرخەتی راست، وەك دەفەرموێ:

(٦٤) ئینجا کافرەکان لەم کاتەدا هاتنە سەر پرسیار لە خۆیانو زانیان کە ئەمانە شیاوی پەرستن، نین جا خۆیان بە خۆیان وت: بێگومان ئێوە ستەمکارن، چۆن ئەبێ شتێ بپەرستین کە نە دەتوانێت پارێزگاری لە خۆی بکاتو نە دەتوانێت قسەیەك بکات؟! بەڵام شەیتان هەڵی خەڵەتاندنو چونەوە سەر کلتوری کۆنیان، وەك دەفەرموێ:

(٦٥) لە پاشان پاش گەز بونەوەو گەڕانەوە بۆسەر کوفرو فەسادەکەی خۆیان، ئینجا رویان کردە ئیبراهیمو وتیان: تۆ چاك دەزانی کە ئەمانە قسە ناکەن تۆ چۆن بە ئێمە ئەڵێیت پرسیاریان لێ بکەن؟ ئینجا رێگای قسە بۆ ئیبراهیم خۆش بو،

(٦٦) وتی: ئایا ئێوە بەندایەتی شتانێك جگە لە (ﷲ) دەکەن کە نە هیچ سودێکتان پێ ئەگەیەننو نە هیچ زیانێك، دەی ئیتر ئەبێ بۆچی بەندایەتیان بۆ بکەن؟

(٦٧) بێ نرخیو سوکایەتی بۆ ئێوەو ئەوانەش کە جگە لە (ﷲ) دەیان پەرستن کە چەند سەرلێشێواون دەی ئایا ئێوە عەقڵتان نییە کە بیر بکەنەوەو راستو ناڕاست لەیەك جیا بکەنەوە؟ جا ئەوان لەباتی بیرکردنەوەو بەخۆداچون وباوەڕهێنان بە خوای بێ وێنەو تاكوتەنیا.

(٦٨) بە خەڵکیان وت: بیسوتێننو یارمەتی خواکانتان بدەنو تۆڵەیان لە ئیبراهیم وەرگرن ئەگەر ئەتانەوێ خزمەتێك بەخواکانتان بکەن، بەڵێ ئیبراهیم ئاگرێکی گەورەی بۆکرایەوەو خستیانەناویەوە خوایش دەفەرموێ:

وَجَعَلْنَٰهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِمْ فِعْلَ
ٱلْخَيْرَٰتِ وَإِقَامَ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءَ ٱلزَّكَوٰةِ ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا
عَٰبِدِينَ (٧٣) وَلُوطًا ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَنَجَّيْنَٰهُ مِنَ
ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَت تَّعْمَلُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ ۗ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ
فَٰسِقِينَ (٧٤) وَأَدْخَلْنَٰهُ فِى رَحْمَتِنَآ ۖ إِنَّهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ
(٧٥) وَنُوحًا إِذْ نَادَىٰ مِن قَبْلُ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَنَجَّيْنَٰهُ
وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ (٧٦) وَنَصَرْنَٰهُ مِنَ ٱلْقَوْمِ
ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ فَأَغْرَقْنَٰهُمْ
أَجْمَعِينَ (٧٧) وَدَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِى ٱلْحَرْثِ إِذْ
نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ ٱلْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَٰهِدِينَ (٧٨)
فَفَهَّمْنَٰهَا سُلَيْمَٰنَ ۚ وَكُلًّا ءَاتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَسَخَّرْنَا
مَعَ دَاوُۥدَ ٱلْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَٱلطَّيْرَ ۚ وَكُنَّا فَٰعِلِينَ (٧٩)
وَعَلَّمْنَٰهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ لِتُحْصِنَكُم مِّنۢ بَأْسِكُمْ ۖ
فَهَلْ أَنتُمْ شَٰكِرُونَ (٨٠) وَلِسُلَيْمَٰنَ ٱلرِّيحَ عَاصِفَةً تَجْرِى بِأَمْرِهِۦٓ
إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا ۚ وَكُنَّا بِكُلِّ شَىْءٍ عَٰلِمِينَ (٨١)

(٦٩) وتمان: ئەی ئاگر سارد ببە، بەڵام نەك ساردێکی وا کە رەق ببێتەوە بەڵکو بێ زیان بیت بۆ ئیبراهیم.

(٧٠) جا ئەوان ویستیان فرۆفێڵێکی گەورە بکەن بە ئیبراهیمو ویستیان بیسوتێنن، وە ئێمەش ئەو فرۆفێڵەی ئەوانمان هەڵوەشاندەوەو ئیبراهیممان رزگار کرد. جاپاش چەند رۆژێك لەناو ئاگردا ئیبراهیم بەبێ زیان هاتەدەرەوە.

(٧١) ئەوسا ئیبراهیمو لوتمان رزگار کردو رەوانەمان کردن بەرەو ئەو زەوییەی کە هۆی خێرو خۆشی بو بۆ هەمو خەڵکی ئەو سەردەمە کە زەوی شام بوو، دەڵێن ئەم روداوەی ئیراهیم لە عێراقدا بووەو لە پاشدا (ﷲ) وای ویستوە کە لەگەل لوتی برازایدا بچێ بۆ شام، جا پەروەردگاری عالەم زیاتر هات بەهانایەوەو لەسەردەمی پیریدا دوو کوڕی پیدا، وەك دەفەرموێ:

(٧٢) جا بەخشیمان بە ئیبراهیم ئیسحاق، وە بە ئیسحاقیش یەعقوب کە زیادەیەك بوو کرا بەخەڵاتی ئیبراهیم وە هەموویانمان کرد بە پیاو چاك و دروست کردار. ناوی

پێغەمبەر ئیسحاق حەفدە جار و ناوی یەعقوبی کوڕی شانزە جارلە قورئاندا هاتوە.

(٧٣) ئەوسا ئێمە ئەوانمان کرد بە پێشەوایانێك کە بەگوێرەی فرمانی ئێمە خەڵکیان ڕێنمای دەکرد، جا وەحیمان کردە لای ئەوان بە کردنی ئیشی چاكو بەجێهێنانی نوێژو بە دانی زەکات، وە بە دڵنیاییەوە کە ئەوان گەردن کەچو بەندەی ڕاستی ئێمە بوون، ئەمە هەمو لە پاداشتی پاكو خاوێنی ئیبراهیم دا بوو، کە پەروەردگاری بێ نیازو میهرەبان پێی بەخشین، ئینجا بە شێوەیەکی کورت باسی لوت دەکاتو دەفەرموێ :

(٧٤) وە بە لوتیش حیکمەت وعیلمان بەخشیو کردمان بە پێغەمبەر، وە ئەویشمان ڕزگار کرد لەو گوندەی کەوا ئیشە قێزەونە پیسەکانیان دەکرد، بێگومان ئەوان گەلێکی خراپ بوونو دەرچوو بوون لە سنوری (اللَّهُ).

(٧٥) جا ئەومان ڕزگار کردو خستمانە ناو سۆزو ڕەحمەتی خۆمانەوە، بێگومان ئەو لە پیاو چاکان بو، ئینجا باسی نوح دەکاتو دەفەرموێ:

(٧٦) دەی باسی نوح بکە ئەو کاتەی لە پێش ئیبراهیمو لوت دا کە هاواری تێ کردینو وتی: ئەی پەروەردگارم من شکستم خواردووەو ئەوان زاڵن بەسەرمدا تۆڵەم بۆ بستێنەوەو یارمەتیم بدە، جا ئیمەش وڵاممان دایەوەو خۆیو پەیڕەوانیو خانەوادەکەی جگە لە کوڕێکی لەو تەنگانەو ناڕەحەتیە سەختەی کە تێیدا بوون ڕزگارمان کردن.

(٧٧) ئەوسا یارمەتی ئەوانمام داو ڕزگارمان کردن لەناو ئەو گەلەی کە بێ باوەڕبوون بە نیشانەکانی ئێمە، بێشك کە ئەوان گەلێکی خراپ بوون جا ئێمەش هەمومان بەناو خنکاند، ئینجا باسی داودو سلیمانی کوڕی دەکاتو دەفەرموێ:

(٧٨) جا باسی داودو سلێمان بکە ئەو کاتەی کە حوکمیان کرد لە بارەی کێڵگەیەکەوە کاتێ کە مەڕو ماڵاتی گەلێك شەوتێیدا بڵاوبونەوەو خواردیان، وە ئێمە ئاگاداری بڕیارەکانیان بوین. وشەی (نَفَشَتْ) تەنها بۆ کاتی شەو بەکاردێت، واتە: شەو ئەو مەڕو ماڵاتە چونە ناو ئەو کێڵگەوەو خوارد بویان دەڵێن باخێکی ترێ بو کە شەو ئەو حەیوانانە چونەتە ناویو هەمو هێشوە ترێکانیان خراپ کردبو، جا خاوەن کێڵگەکەو خاوەن مەڕو ماڵاتەکە هاتن بۆلای داود کە لە نێوانیان دا بڕیار بدات ئەویش بڕیاریدا کە حەیوانەکان بدرێ بەخاوەنی باخەکە، وە سلێمانی کوڕی: وتی ئەی پێغەمبەر بڕیارێکی ترت بدایە فەرموی چۆن؟ سلێمان وتی: با مەڕو ماڵاتەکە بدەن بەو کابرایەی کە باخەکەی خوراوەو سودی لێ وەربگرێتو خاوەن حەیوانەکەش باخەکەی پێ بدرێت تا خزمەتی بکات تا ئەو کاتەی وەك خۆی لێ دێتەوە ئینجا هەرکەسەو ماڵی خۆی، مەڕو ماڵاتەکە بۆ خاوەن مەڕو ماڵاتەکەو باخەکەش بدرێتەوە بە خاوەن باخەکە.

(٧٩) جا سلێمانمان تێگەیاند کە چۆن ئەو بڕیارە بدات، واتە: ئەو بڕیارەی سلێمان بەشێوەی وەحی بوە، بەڵام بڕیاری داودی باوکی بە ئیجتهادی خۆی بوەو (اللَّهُ) لۆمەی نەکردوە، بەڵکو فەرموی: وە بە هەمویان هەم بڕیارو هەم زانیاریمان پێ دا بوون، واتە: هەردووکیان لەلایەن پەوەردگارەوە زانیاری حوکمە جۆراو جۆرەکانو چۆنیەتی بڕیار دان لە سەریان پێ درا بوو، جا چیاکانو باڵندەکانمان ڕامو گەردن کەچ کرد بۆ داود کە لەگەڵی دا تەسبیحات بکەن، وە ئێمە ئارەزۆی هەرچی بکەین ئەیکەین.واتە خوا ئەوشتەگرنگانەی بۆ داود کرد تا خەڵکی سەردەمی خۆی باوەڕی پێ بکەنو پەیڕەوی بکەن.

(٨٠) جا فێری دروستکردنی پۆشاکی زرێمان کرد بۆ سودی ئێوە تا ئەو لیباسە بتان پارێزێ لەشیرو تیری شەڕەکانتان ، دەی ئایا ئێوە سوپاسی (اللَّهُ) دەکەن لەسەر ئەو هەمو نیعمەتانەی کە پێی داون؟ دەڵێن داود یەکەم کەس بوە کە پۆشاکی زرێی بەشێوەی هەڵقە دروست کردوە. ئینجا ئەچێتە سەرباسی سلێمانو دەفەرموێ:

(٨١) خۆ بایەکی توندی بێ شەپۆلو بێ تاسەمان ڕام وگەردن کەچ کرد بۆ سلێمان کە بەفرمانی ئەو هاتو چۆی دەکرد بۆ ئەو خاکەی کە خێرو بەرەکەتێکی زۆرمان لە

وَمِنَ ٱلشَّيَٰطِينِ مَن يَغُوصُونَ لَهُۥ وَيَعۡمَلُونَ عَمَلٗا
دُونَ ذَٰلِكَۖ وَكُنَّا لَهُمۡ حَٰفِظِينَ ﴿٨٢﴾ وَأَيُّوبَ إِذۡ
نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٨٣﴾
فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ فَكَشَفۡنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرّٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ أَهۡلَهُۥ
وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا وَذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰبِدِينَ ﴿٨٤﴾
وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِدۡرِيسَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ كُلّٞ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ
﴿٨٥﴾ وَأَدۡخَلۡنَٰهُمۡ فِي رَحۡمَتِنَآۖ إِنَّهُم مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ
﴿٨٦﴾ وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبٗا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ
فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي
كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ
مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٨٨﴾ وَزَكَرِيَّآ
إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ
﴿٨٩﴾ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَوَهَبۡنَا لَهُۥ يَحۡيَىٰ وَأَصۡلَحۡنَا
لَهُۥ زَوۡجَهُۥٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ
وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴿٩٠﴾

ناودا دانا بو کە زەوی شامە، ئەو بایە هەرتاقێك ماوەی مانگێك پیادەی رەوی دەبڕی.

﴿٨٢﴾ جا لە ناو شەیتانەکاندا هەندێك هەبون کە ئەچونە ژێر دەریا بۆیو شتی بەنرخی ژێر دەریایان بۆ دەر دەهێناو ئیشی تریشیان بۆ دەکرد جا ئێمە چاودێریمان دەکردن ولە شەڕی ئەوان دەمان پاراستن. واتە: (ﷲ) شەیتانەکانی رام وگەردن کەچ کرد بوو بۆ سلێمان وە بە فرمانی ئەو ئیشیان بۆ دەکردو نەیان دەتوانی شتێکی ناڕەوا دژ بە ئەو ئەنجام بدەن، ئینجا خوای گەورەو بە دەسەڵات باسی "ئەیوب" پێغەمبەرمان بۆ دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٨٣﴾ باسی ئەیوبیش بکە ئەو کاتەی کە بانگی پەوەردگاری کردو وتی: ئەی پەروەردگارم بێ گومان کە من دوچاری زیان بووم لە ماڵو لەلەشم دا خۆ تۆیش لە هەمو خاوەن سۆزەکان بە سۆزتری. ناوی ئەیوب چوار جار لە قورئاندا هاتوە کە وتراوە لە دەوروبەر دیمەشقدا ژیاوە،

﴿٨٤﴾ جا ئێمە هاتین بە هاواریەوە هەرچی ناخۆشییەکی هەبوو لامان بردو خاوخێزانەکەیو لەگەل ئەوانیش دا ئەوەندەی ترمان پێدا کە ئەمە بەزەییەك بوو لە لایەن ئیمەوە بۆ ئەو، چونکە ئەو بەندەیەکی خۆگربو ،وە تا یاداوەریەکیش بێت بۆ ئە وانەی کە تەنها (ﷲ) دە پەرستنو تەنها لەو دەپارێنەوە بۆ ئەوەی خۆ بگرنو تەنها بەو پشت ببەستن تا وەك ئەو پاداش بدرێنە. موسعەبی کوڕی سەعد دەڵێ: باوکم پرسیاری کرد لە پێغەمبەرﷺکە چ کەسێك گرفتاریو بەڵای دژوارترو زۆرتر بوە؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: {الْأَنْبِيَاءُ ثُمَّ الْأَمْثَلُ فَالْأَمْثَلُ فَيُبْتَلَى الرَّجُلُ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ فَإِنْ كَانَ دِينُهُ صُلْبًا اشْتَدَّ بَلَاؤُهُ وَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ رِقَّةٌ ابْتُلِيَ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ فَمَا يَبْرَحُ الْبَلَاءُ بِالْعَبْدِ حَتَّى يَتْرُكَهُ يَمْشِي عَلَى الْأَرْضِ مَا عَلَيْهِ خَطِيئَةٌ/ واتە: سەخت ترین گرفتاریو زۆرترین بەڵا بەسەر پێغەمبەرانەوە بووە، پاشان ئەوانەی کە لە ئایینو رەوشت دا هاوشێوەی پێغەمبەران بوون، پاشان ئەوەی کە لە وانەوە نزیکن، جا هەر پیاوێك بە گوێرەی ئایینەکەی توشی بەڵاو گرفتاری دێت. ئەگەر لە ئایینەکەی دا توند بێت بەڵاو وسەختیەکانی توند ترە، وە ئەگر لە ئایینەکەی دا شلوشۆڵو نەرم بو بەو گوێرەیە بە بەڵا تاقی دەکرێتەوە، جا بەڵا بە سەر بەندەدا بەردەوامە تاوای لێ دێت کە بە سەر زەوی دا دەچێت کە هیچ تاوانێکی بە سەرەوە نەماوە}

﴿٨٥﴾ جا ئەی محمدﷺباسی ئیسماعیلو ئیدریس وزولکفلیش بۆ گەلەکەت بکە کە ئەوان هە مویان لە سەر بە ندایەتی (ﷲ) وئێش وئازاری دنیا لە خۆگران بوون. زولکفل لەم ئایەتەداو لە ئایەتی چلو هەشتی سورەتی صاد ناوی براوە، زانایان لەسەر ئەوەی کە ئایا یەکێکە لە پێغەمبەران یان پیاوچاکێك بوە یەکیك دەنگ نین، وەهەروەها ئیدریسیش تەنها لەم ئایەتەداو لە ئایەتی پەنجاو شەشی سورەتی مریم دا ناوی براوە کە یەکێکە لە پێغەمبەران.

﴿٨٦﴾ خۆ ئێمەیش ئەوانمان بەر بەزەیو سۆزی خۆمان خست چونکە بێگومان کە ئەوان لە پیاوچاکان بوون.

﴿٨٧﴾ ئەوسا یادی خاوەنی ماسیش بکە ئەو کاتەی کە بە توڕەیی دەرچوو لە ناو گەلەکەیو بەجێی هێشتن پێش ئەوەی کە لە لایەن خواوە فرمانی بۆ بێت، جا گومانی وا بو کە هە رگیز ئێمە تە نگانەی بەسەردا ناهێنین لەو

وَٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا
وَجَعَلۡنَٰهَا وَٱبۡنَهَآ ءَايَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ (٩١) إِنَّ هَٰذِهِۦٓ
أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ (٩٢)
وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡۖ كُلٌّ إِلَيۡنَا رَٰجِعُونَ (٩٣)
فَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَا كُفۡرَانَ
لِسَعۡيِهِۦ وَإِنَّا لَهُۥ كَٰتِبُونَ (٩٤) وَحَرَٰمٌ عَلَىٰ قَرۡيَةٍ
أَهۡلَكۡنَٰهَآ أَنَّهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ (٩٥) حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ
يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ (٩٦)
وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا بَلۡ كُنَّا
ظَٰلِمِينَ (٩٧) إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ
ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ (٩٨) لَوۡ كَانَ
هَٰٓؤُلَآءِ ءَالِهَةٗ مَّا وَرَدُوهَاۖ وَكُلّٞ فِيهَا خَٰلِدُونَ (٩٩)
لَهُمۡ فِيهَا زَفِيرٞ وَهُمۡ فِيهَا لَا يَسۡمَعُونَ (١٠٠) إِنَّ ٱلَّذِينَ
سَبَقَتۡ لَهُم مِّنَّا ٱلۡحُسۡنَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ عَنۡهَا مُبۡعَدُونَ (١٠١)

ڕۆیشتنەیدا، جا کاتێ کە سواری کە شتیەکی پڕ بو نزیك بو هەمویان نغرۆ ببن، جا بۆ ئەوەی کە کەشتیەکە باری سوك تر ببێت تیروپشکیان کرد بۆفڕەدانی یە کێکیان بو ناو دەریا، جا ئەوە بو کە ئەو دەرچو ئەوسا فڕە درایە ناو دەریاوەو ماسییەکی گەورە هەڵیلوشی، ئینجا ئەو لە ناو تاریکییەکانەوە، تاریکایی سکی ماسی، تاریکایی دەریاوتاریکایی شەو، هاواری کردو وتی: بە ڕاستی ئەی خوایە جگە لە تۆهیچ پەرستراوێکی ڕاست نیەو پاکیو بێ خەوشی بۆ تۆیە بە ڕاستی من لە کۆمەڵی ناحەقان بووم، بەم شێوەیە خاوەنی ماسی (یونس) دانی بە هەڵەی خۆیدا نا سەبارت بە پەلە کردنو چاوەڕوان نەکردنی فەرمانی (الله)، خوای خاوەن سۆزو میهرەبانیش بە دەمیەوە هات،وەك دەفەرموێ:

(٨٨) ئەوسا ئیتر ئێمە هاتین بە دەمیەوەو لەو خەمە ڕزگارمان کرد ، جا هەر ئاوەها چۆن یونسمان ڕزگار کرد لەو خەمو پەژارە سەختە هەمو باوەڕدارانیش ڕزگار دەکەین ئەگەر وەکوئەو دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن ودرێژە بە لوت بەرزی وخۆ پە سەندی نەدەن.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {فَإِنَّ الْعَبْدَ إِذَا اعْتَرَفَ بِذَنْبِهِ ثُمَّ تَابَ تَابَ اللهُ عَلَيْهِ/متفق عليه/ واتە: ئەوسا بێگومان هەر کاتێك بەندە دانی نا بە تاوانی خۆیداو پەشیمان بوویەوەو تەوبەی کرد (الله) تەوبەی لێ وەردەگرێت} لێرەدا تەنها بەسەرهاتەکەی یونس باسدەکاتو ناوی نابات بەلاَم ناوی ئەم پێغەمبەرە چوار جار لە چوار سورەتی قورئاندا ناوی هاتوە کە وتراوە کاتێك گەلەکەی خۆی بەجێهێشت بەرەو تونسی ئیستا کەوتەڕێ، جا کاتێ کە فڕەدرایە ناو ئاوەکە پەروەردگار ڕزگاری کردو پاشان لە نەینەوا نیشتەجێ بو، ئینجا دەفەرموێ:

(٨٩) باسی زەکەریایش بکە ئەو کاتەی کە هاواری کردە پەروردگاریو وتی: ئەی پەروەردگارم بە تەنیام مەهێڵە وکەسێکم پێ بدە کە جێ نشینم بێت، وە هەر خۆتی باشترینی ئەوانەی کە دەمێننەوە، ئەمە هەم پاڕانەوەیەو هەم سوپاس کردنی خودایە، داوای واریس دەکات، وە هەر خوایش بە چاکترینی واریسان دەزانێ . بەڵی پەروەردگاری دلۆفان هات بە هانایەوە،وەك دەفەرموێ:

(٩٠) جا ئێمەش وەڵامان دایەوەو "یەحیا"مان پێ بەخشی و ژنەکەی کە منداڵی نە دەبو بۆمان چاك کردەوە بە ڕاستی ئەوان لە ئەنجامدانی چاکەکان زۆر بە پەلە بوونو کێ بەرکێیان دەکرد،وە لە کاتێکدا کە ئومێدی لێ خۆش بوونو ترس لە تۆڵەیان بو بانگیان لە ئێمە دەکردو ئێمەیان دەپەرست وە ئەوان گەردن کەچ بوون بۆ بەندایەتیو فرمانبەریمان. ئینجا باسی "مریم"مان بۆ دەکاتو دەفەرموێ:

(٩١) جا باسی ئەو ئافرەتە بکە کە شەرمی خۆی پاراست بو لە خراپە، خۆ ئێمە بە هۆی فریشتەوە بەشێك لەو گیانەی کە خۆمان دەیزانین کرد بە بەریاو پاشان عیسای بو، وە خۆی وکوڕەکەیمان کرد بە نیشانەیەکی ئاشکرا بۆ هەمو خەڵکی دنیا، ئینجا دەفەرموێ:

(٩٢) بە بێگومان ئەمە ئایینی هەموتانە کە یەك ئایینە و تەنها من پەروەردگاری ئێوەم دەی ئەبێ هەرمن بپرستن. چونکە لە بوون وپەروەردەی مرۆڤدا جگە لە خوا کەسی تر نەبوە دەی ئەگەر خۆتان گێل نەکەن چۆن دەبێ جگە

لەو بپرستن؟ بەڵام مرۆڤ کەمێکی نەبی گوێ لە فرمانی (اللَّهُ)ناگرێو هەمیشە لارێ وناهەقی کارە، وەك لێرەدا دەری دەخاتو دەفەرموێ:

٩٣ جا ئەوان لە نێوان خۆیاندا کاروباری خۆیانیان بچڕ بچڕ کرد. وە هەریەکەی تەنها بەشی خۆی لاپەسەند بو بەڵام خۆ ئەمە هەر ئاوەها بێ حیسابو کتاب ناڕوات، بەڵکو هەمویان بۆ لای ئێمە دێنەوەو بگرەو بەردە لێرە دەست پێ دەکات،

٩٤ جا ئەوکەسەی کە لە ئیشە چاکەکان ئەنجام بدات وبە کاری خێرو باشەوە خەریك بێتو لە گەل ئەوەشدا باوەڕدار بێت جا ئەوە هەوڵ وکۆششەکەی بە فیڕو ناچێت بەڵکو بۆی تۆمار دەکەینو لەپاشە ڕۆژدا پاداشتی دەدەینەوە، دیارە مەرجی وەرگیرانی کاری چاكو دەستکەوتنی پاداشتەکەی لە دوارۆژدا بونی ئیمانو باوەڕە، وە ئەوکەسەی باوەڕی نەبێت کاری چاکی بۆ پاشە ڕۆژ سودی نابێت، بەڵێ ئەم ژیانە بۆ تاقی کردنەوەیە وپاش دەرچون لێی تازە ئاخ وداخ بۆخواردنی سودی نابێت چونکە (اللَّهُ) دەفەرموێ:

٩٥ ئێمە خەڵکی هەر شوێنێکمان لە ناو برد تازە نابێ بگەڕێنەوە، جا ئەگەر مرۆڤ ژیری خۆی لە دەست نەداوە با بەر لەوەی بەرەو ئەودنیا پاڵ بنرێت بیر لە خۆی بکاتەوەو بزانێت لە چی دروستکراوەو بەرەو کوێ دەچێتو پاشەرۆژی چی ئەبێتو چی بۆ ئامادە کراوە.

٩٦ تا ئەو کاتەی "یاجوج" و"ماجوج" کە لە نەوەی ئادەمو لە ئەولادی نوح لە یافیسەوە کە باوکی تورکانن دەرگایان لێ دەکرێتەوەو جا ئەوان لە هەموشوێنە بەرزەکانەوە هێرش دەکەنو دێنە خوارەوە. پاش ئەوەی کە عیسا دێتە خوارەوەو دەجاڵ لە ناو دەبات (اللَّهُ)ی باڵادەست بە عیسای رادەگەیەنێت کە بەندەیانێکم هێناوەتە دەرەوە کە هیچ کەس دەرەقەتیان نایەت، جا تۆ بەندەکانی من کۆکەرەوەو بیانبە بۆ چیای "تور" با لە شەڕی ئەوان لە ئەمان دا بن، جا ئەو کاتە یاجوجو ماجوج دێنە دەرو لە هەمو بەرزایەکانەوە دێنەخوارەوە، ئەمانە ئەوەند زۆرن کە پێغەمبەرﷺ دەفەموێ: { فَيَمُرُّ أَوَائِلُهُمْ عَلَى بُحَيْرَةِ طَبَرِيَّةَ فَيَشْرَبُونَ مَا فِيهَا وَيَمُرُّ آخِرُهُمْ فَيَقُولُونَ لَقَدْ كَانَ بِهَذِهِ مَرَّةً مَاءٌ/ واتە: سەرەتای ئەوان کە دەگەیەتە دەریاچەی "تەبەرییە" ئەو ئاوەی کە تێیدایە دەیخواتەوە، جا کاتێك کە ئاخرەکەیان بەو دەریاچەیە دەگەیەت دەڵێت زەمانێك ئەمە ئاوی تێدابوە} ئینجا دێنو گەمارۆی عیساو یارەکانی دەدەن ئەوسا خوای گەورە هەمویان لەناو دەبات، عیساو یارەکانی بۆ ماوەیەك لەو زەویە پڕخەیرو بەرەکەتی ئەو کاتە دەمێنێنەوە پاشان خوای گەورە بایەك دەنێرێت کە بە هۆی ئەوەوە ئەوەی کە باوەڕدارو موسڵمانە دەمرێتو خراپ ترینی خەڵك دەمێنێنەوە کە پێغەمبەرﷺ لەبارەیانەوە دەفەرموێ: {يَتَهَارَجُونَ فِيهَا تَهَارُجَ الْحُمُرِ فَعَلَيْهِمْ تَقُومُ السَّاعَةُ/متفق عليه/ ئەوانە هەر وەك گوێ درێژەکان بە بێ شەرمیەوە لەیەك هەڵدێن جا قیامەت بەسەری ئەوان دا دێت}

٩٧ خۆ ئەو بەڵێنە راستە کە هاتنی قیامەتە نزیك بوەتەوە جا ئەوکاتە بەکتوپڕی چاوی کافران هەوڵەق دەبێت ودەڵێن: بەراستی لەبێ ئاگاییەکی خراپ دا بوین بەڵکو ئێمە گەلێکی ستەمکاربوین، ستەممان لەخۆمان وخاوخێزان وخەڵکی دنیا کرد وا ئیستا بەم ڕۆژە ڕەشە گەیشتین. ئینجا (اللَّهُ)گۆشەیەك لە سزای ئەوتاوانبارانە باس دەکات ودەفەرموێ:

٩٨ بە راستی ئێوەو ئەوەی کە جگە لە (اللَّهُ) دەیپەرستن هەموتان دارو چیلکەی هەلگرێنەری ئاگری دۆزخن، چونکە بێگومان ئێوە دەچنە ناویەوەو بەو ئاگرە سەختە دەسوتێنرێن.

٩٩ جا ئەگەر ئەوانە خودا بونایە نەدەچونە ناو ئەو ئاگرەوە. پێغەمبەرﷺدەفەرموێ: {يَجْمَعُ اللهُ النَّاسَ فَيَقُولُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ شَيْئًا فَلْيَتَّبِعْهُ فَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الشَّمْسَ وَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الْقَمَرَ وَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الطَّوَاغِيتَ/ مسلم/ ڕۆژی قیامەت (اللَّهُ) هەمو خەڵك کۆ دەکاتەوە، ئینجا دەفەرموێت هەر کەس هەرچی پەرستوە با دوای بکەوێت، ئەوسا هەرکەس خۆری پەرستوە دەکەوێتە شوێنیو هەرکەس مەنگی پەرستوە شوێنی دەکەوێتو هەرکەس ملهوڕانی پەرستوە شوێنیان دەکەوێتو هەمویان بەرەو ئاگر دەچن}

لَا يَسۡمَعُونَ حَسِيسَهَاۖ وَهُمۡ فِي مَا ٱشۡتَهَتۡ أَنفُسُهُمۡ
خَٰلِدُونَ ١٠٢ لَا يَحۡزُنُهُمُ ٱلۡفَزَعُ ٱلۡأَكۡبَرُ وَتَتَلَقَّىٰهُمُ
ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ هَٰذَا يَوۡمُكُمُ ٱلَّذِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ
١٠٣ يَوۡمَ نَطۡوِي ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلۡكُتُبِۚ كَمَا
بَدَأۡنَآ أَوَّلَ خَلۡقٖ نُّعِيدُهُۥۚ وَعۡدًا عَلَيۡنَآۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ
١٠٤ وَلَقَدۡ كَتَبۡنَا فِي ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعۡدِ ٱلذِّكۡرِ أَنَّ ٱلۡأَرۡضَ
يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ ١٠٥ إِنَّ فِي هَٰذَا لَبَلَٰغٗا
لِّقَوۡمٍ عَٰبِدِينَ ١٠٦ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ
١٠٧ قُلۡ إِنَّمَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ
فَهَلۡ أَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٨ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُلۡ ءَاذَنتُكُمۡ
عَلَىٰ سَوَآءٖۖ وَإِنۡ أَدۡرِيٓ أَقَرِيبٌ أَم بَعِيدٞ مَّا تُوعَدُونَ ١٠٩
إِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلۡجَهۡرَ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا تَكۡتُمُونَ
١١٠ وَإِنۡ أَدۡرِي لَعَلَّهُۥ فِتۡنَةٞ لَّكُمۡ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ ١١١ قَٰلَ
رَبِّ ٱحۡكُم بِٱلۡحَقِّۗ وَرَبُّنَا ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلۡمُسۡتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ١١٢

٧٨ سُورَةُ الحَجِّ ٢٢

واتە: هەر کەس جگە لە (اللّٰه)ی پەیڕەوی کردوە لە رۆژی قیامەت دا پێی دەوترێت ئیستایش بکەوەرە شوێنی، دیارە هەندێ لە پەرستراوەکان بێ گیان وبێ دەسەڵات بوون وەك بتەکانو سەروەتو سامانو پلەومەقام، جا یان ئەوانە لەو گشتییە بەدەرن یان جۆرێکیان لێ دەکرێت کە لەوێ بیانسانەوە کە ها ئەوانەش کە چاوەڕانی شەفاعەتیان لێ دەکردن وا ئیستا فڕە دەدرێنە ناوئاگرەوە تا زیاتر داخو خەفەت بخۆنو بە تەواوی نائومێد ببن،

١٠٠ لەوێدا لە داخ وئێش وئازار هەر پیش دەخۆنەوەو ئاهو هەناسەی سەخەت هەڵدەکێشن وهیچ نابیسن، چونکە بەکوێری ولاڵی وکەڕی حەشر دەکرێن. بەڵێ هەندێ لەو پەرستراوانەیش چاك وبێ تاوانن وەك عێساو عوزەیرو فریشتەکانو پیاوچاکانی هەرگەلێك کەپاش مردنیان خەڵکی نەزان هاواریان بۆ دەبەنو چاوەڕوانی سوودو لابردنی زیانیان لێ دەکەن، ئەمانە ئەگەرچی پەرستراون بەڵام بەو نیشانەی کە ئەو نەزانو موشریکانە دەیان کرد رازی نەبون وە پەروەردگار هەر پێش تر بەڵێنی بەهەشتی پێداونو دەفەرموێ:

١٠١ بێگومان ئەوانەی کە هەر لەپێشدا لە لایەن ئێمەوە بەڵێنی بەهەشتیان پێ دراوە بە هۆی چاکی وراستی خۆیانەوە ئەو بەندایەتی کردنەی نەفام ونەزانانە وایان لێ ناکات کە لەگەڵ ئەو پەرستراونەی تر بچنە ناو ئاگرەوە، بەڵکو ئەوانە لەو سزاو ئاگرە دورن،

١٠٢ ئەوان دەنگی کڵپەی ئەوئاگرە نابیسن بەڵکوئەوان لەناو ئەو شتانەدان کە نەفسیان پێی خۆشەو هەتاهەتاین. وە لەوەش زیاتریان لەگەڵدا دەکرێت،وەك دەفەرموێ:

١٠٣ نە ترسە گەورەکە چ نەفخی سوربێ یان کاتی رەوانەکردنی بەشی ئاگر بۆ ناو ئاگربێ یان کاتی سەربڕینی مردن بێ، هیچکام لەوانە خەمباریان ناکات، چونکە دڵنیان لە چاکەی پەروەدگاریان لەو کاتانەدا، وە فریشتەکانیش بەدەمیانەوە دێنو دەڵێن: ئەمە ئەو رۆژەتانە کە پێش تر لە دنیادا بەڵێنتان پێ درا بو جا بەشادمانی وکەیفخۆشیەوە بەرەو روی بڕۆن، بەڵێ بەراستی ئەمەرودەدات.

١٠٤ لە ئەو رۆژەدا کە ئاسمان دەپێچینەوە وەك پێچانەوەی تۆماری نوسراوەکان ولای دەبەین، هەر وەك چۆن لە سەرەتادا خەڵکمان دروستکرد، دیسان هەر ئاوەها بە رێكو پێکی وەك خۆی دەیهێنینەوە، چونکە ئەوە بەڵێنێکەو داومانەو بێگومان ئێمە ئەو بەڵێنە ئەبەینە سەروپاش بونی ئاسمان لای ئەبەینو پاش مردنی گیان لەبەران زیندویان دەکەینەوە بۆحیسابو کتاب. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {إِنَّكُمْ مَحْشُورُونَ حُفَاةً عُرَاةً غُرْلًا ثُمَّ قَرَأَ ﴿كَمَا بَدَأۡنَآ أَوَّلَ خَلۡقٖ نُّعِيدُهُۥ﴾ الأنبياء: ١٠٤ / واتە: بێ گومان کە ئێوە بە روتیو پێ پەتیو خەتەنە نەکراوی زیندو دەکرێنەوە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿هەر وەك چۆن لە سەرەتادا خەڵکمان دروستکرد، دیسان هەر ئاوەها وەك خۆی دەیهێنینەوە﴾.

١٠٥ بەراستی لە پاش "لەوحولمەحفوز" لە "زەبور"یشدا تۆمارمان کردەوەکە بێگومان ئەم زەویە (کە زەوی دنیا بێ یان زەوی بەهەشت) هەر بەندە چاکەکانی من دەیبەنەوە.واتە خۆشبەختی دنیا وقیامەت هەر بۆ بەندە

شایستەو چاکەکانی (ﷲ)یە هەروەك لە پاش "لەوحولمەحفوز" لە "زەبور"دا بەڵکولە قورئانیشدا بڕیاردراوە .

(١٠٦) بەراستی ئا لەم پەیامە دا بانگەوازێکی گرنگ هەیە بۆگەلی خوداپەرستان. وە ئەو بەڵێنە بە نرخەی پەروەردگاریان جێگای ئومێدو شادمانیانە.

(١٠٧) بە راستی تۆمان رەوانە نەکردوە کە نەفرینکەر بیت، بەڵکو تەنها بۆ ئەوەمان رەوانە کردویت کە سۆزو رەحمەت بیت بۆ هەمو جیهانیان.

(١٠٨) ئەی محمدﷺبڵێ: تەنها ئەوە بە من وتراوە کە خودای ئێوە خودایەکی تەنهایەو هاوبەشی نیە. جا ئایا ئێوە بۆ ئەم راستیە گەردن کەچ دەکەنو خۆ تەسلیم دەکەن.

(١٠٩) جا ئەگەر ئێوە پشت لەو راستیە دەکەنو باوەڕ ناهێنن ئەوسا بەوان بڵێ: ئەوە من بەبێ جیاوازی پێم راگەیاندنو لە سەرئەنجامی خراپی پشت تێ کردنتان ئاگادارمان کردونەتەوە، جا نازانم نزیکە یان دورە ئەو سزایەی کە بەڵێنتان پێ دراوە، بەڵام بێگومانە کە دێت.

(١١٠) بێگومان ئەو زاتە هەمو قسەیەکی ئاشکرا ئەزانێ،وە ئەوەیش کە دەیشارنەوە هەروەکو ئاشکراکە دەیزانێ.

(١١١) خۆ من نازانم لە وانەیە کە ئەم دواخستنی سزایە تاقی کردنەوەیەكو رابواردنێك بێت تا ماوەیەکی دیاری کراو بۆتان تا یان بیر بکەنەوەو واز لە خراپە بهێنن یان تا تاوانی زۆرتر بکەنو سزاو چەرمە سەری دوارۆژتان زۆرتر ببێتو هیچ بهانەیەکتان نەمێنی بۆ پاشەرۆژ.

(١١٢) وتی: ئەی پەروەردگارم بە حەقو داد پەروەری بڕیار بدە لەنێوانمان دا، وە پەروەردگاری ئێمە رەحمانە و هەر لەوداوای یارمەتی دەکەین لە سەرئەوو قسە ناڕێك ونابەجێیەی کە ئێوە بەرانبەر بە (ﷲ)و ئایینو پێغەمبەرەکەیﷺدەیکەن.

(٢٢) سورەتی حەج (٧٨)

سورەتی حەج سورەتی بیستو دووهەمی قورئانە، حەفتاو هەشت ئایەتە، زۆربەی راڤەکاران پێیان وایە کە هەندێ لە ئایەتەکانی ئەم سورەتە لە مەکەو ئەویتر لە مەدینەدا

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمْۚ إِنَّ زَلْزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَىْءٌ
عَظِيمٌ (١) يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّآ
أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى ٱلنَّاسَ
سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٌ
(٢) وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِى ٱللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّبِعُ كُلَّ
شَيْطَٰنٍ مَّرِيدٍ (٣) كُتِبَ عَلَيْهِ أَنَّهُۥ مَن تَوَلَّاهُ فَأَنَّهُۥ يُضِلُّهُۥ
وَيَهْدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ (٤) يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمْ فِى
رَيْبٍ مِّنَ ٱلْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ
مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْۚ
وَنُقِرُّ فِى ٱلْأَرْحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ
طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمْۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ
وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرْذَلِ ٱلْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِنۢ
بَعْدِ عِلْمٍ شَيْـًٔاۚ وَتَرَى ٱلْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا
ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنۢبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍۭ بَهِيجٍ (٥)

هاتوەتەخوارەوە، جا بۆیە وتراوە سورەتێکە هەم مەکیەو هەم مەدەنی، هەم بەشەو هەم بە رۆژ هەم لە کاروانو هەم لەماڵدا دابەزیوەو هەم ئایاتی موحکەمو هەم ئایاتی موتەشابهی تێدایە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەی خەڵکینە لە پەروردگاری خۆتان بترسنو خۆتان لە تورەی ئەو زاتەو سزای پاشە رۆژی بپارێزن چونکە رۆژێکی گەورەو پڕ مەترسییە لە پێش دەمدا، بێگومان بومەلەرزەی رۆژی قیامەت روداوێکی گەورەیە.

(٢) ئەو رۆژەی کە ئەوەندە دژوارو پڕ مەترسیە کە دایکە شیردەرەکان بێ ئاگا دەبن لە شیر خۆرەکانیانو ژنی دوگیانیش بەردەخات، ئەوەك هەر ئەوان بەڵکو تۆ وادەبینی کە خەڵك هەموی مەستو بێهۆشە لەکاتێکدا ئەوان سەرخۆش نین بەڵام سزاکەی ﷲ توندو بەهێزە لەو رۆژەدا، بۆیە ئاوا سەرلێ شێواو هەر کام بەرەو لایەك رادەکات هەر وەك لەدنیادا ئەگەر کەسێك تایەکی سەختی هەبێ ورێنە دەکاتو هۆشی بە خۆی نامێنێ جا سزای ئەو رۆژەی کە خوا بفەرموێت گەورەیە ئەبێ چۆن بێ؟ ﷲ

ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّهُۥ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَأَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ
(٦) وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٞ لَّا رَيۡبَ فِيهَا وَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡعَثُ مَن فِي
ٱلۡقُبُورِ (٧) وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَلَا هُدٗى
وَلَا كِتَٰبٖ مُّنِيرٖ (٨) ثَانِيَ عِطۡفِهِۦ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۖ لَهُۥ فِي
ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَنُذِيقُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ (٩) ذَٰلِكَ
بِمَا قَدَّمَتۡ يَدَاكَ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ (١٠) وَمِنَ ٱلنَّاسِ
مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ
فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ
ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ (١١) يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُۥ
وَمَا لَا يَنفَعُهُۥۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلۡبَعِيدُ (١٢) يَدۡعُواْ لَمَن
ضَرُّهُۥٓ أَقۡرَبُ مِن نَّفۡعِهِۦۚ لَبِئۡسَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَلَبِئۡسَ ٱلۡعَشِيرُ (١٣)
إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ
تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ (١٤) مَن كَانَ
يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ فَلۡيَمۡدُدۡ بِسَبَبٍ إِلَى
ٱلسَّمَآءِ ثُمَّ لۡيَقۡطَعۡ فَلۡيَنظُرۡ هَلۡ يُذۡهِبَنَّ كَيۡدُهُۥ مَا يَغِيظُ (١٥)

بمانخاته بەر رەحمەتی خۆی لەو كاتەدا، بەڵێ رۆژێكی ئاوا چاوەڕوانمانەو بێ ئەملاولا پێی دەگەین، كەچی لە دنیادا بە نەفامیو نەزانانە دژایەتی اللهو ئایین ئەكەینو بە گۆرانی شەیتان هەڵدەپەڕین هەر وەكو ئەفەرموێ:

(٣) هەندێك لە خەڵك هەن كە بە بێ ئەوەی كە هیچ زانیارییەكیان ببێت لە بارەی اللهوە كێشەی بێسەروبن دەكەنو بڕیاری ناحەق دەدەنو پەیڕەوی لە هەمو شەیتانێكی سەركەشو بەدفەڕ ئەكەن شەیتانیش كە دوژمنیەتی، هەرگیز بەرەو چاكەی نابات.

(٤) پێویست كراوە لە سەر شەیتان كە هەر كەسێك بیكات بە سەرپەرشتی خۆیو خۆی بداتە دەستی جا بێگومان ئەویش سەری لێ تێك ئەداتو گومڕای ئەكاتو بەرەو سزای ئاگر ئەیباتو داخی دڵی خۆی بەو سوك ئەكات، ئینجا خوای گەورە بۆ سەلماندنی ئەو پاشە رۆژە پڕ مەترسیە دەفەرموێ:

(٥) ئەی خەڵكینە ئەگەر ئیوە لە گوماندان لەبارەی زیندو بونەوەداو وائەزانن كە ناتوانین زیندوتان بكەینەوە، جا بە راستی ئێمە ئەم هەیكەلو سەروسیمای ئێوەمان لە یەكەم جاردا لە خاك دروستكردوە كە ئادەمی باپیرتانەو هەر مرۆڤێكیش دیسان لەو خواردنەیە كە لەو خاكە سەوز ئەبێو پەروەردە ئەبێت پاش سوڕی خاك لە دڵۆپەیەك تۆماو پاش ئەوەیش لەخوێنێكی خەستو مەیو پاشان گۆشتێكی دروستكراووتەواو، وە گۆشتێكی نەخولقێنراوو ناتەواو تا رۆشنی بكەینەوە بۆتانو تواناییو زاناییو هێزی خۆمانتان پێ بسەلمێنین، جا هەندێكی بەو شێوە تەواو یان ناتەواوە دەیفەوتێنین ئەوەیش كە ئارەزۆی تەواو كردنیمان لێ بێ، لەناو رەحەمدا سەقامگیری دەكەین تا كاتی دیاری كراویو بە مەتۆڵكەیی دەرتان ئەهێنینو دێنە دیناوەو هەمو هۆیەكانی ژیانتان بۆ دابین ئەكەین، جا ماوەتان پێ ئەدەین تا ئەگەن بەوپەڕی هێزو توانایی، وە هەندێكتان لەو ماوەیەدا دەمرێنرێنو هەندێكتان پاش ئەو هێزو تواناییەش تەمەنی درێژ ئەكرێت تا ئەگاتە ئەو پەڕی پیریو كەلەلای، جا وای لێدێت كە هیچ نازانێو لە عەقڵدا وەكو منداڵێكی لێ دێ پاش ئەوەی كە عەقڵو زانیاری هەبو، وە تۆ ئەبینی ئەم زەویە وشكو بێ گژوگییایە هەر كاتێ ئێمە بارانمان بەسەردا باراند ئەجوڵێو بەرز ئەبێتەوەو هەمو جوتێكی دیمەن جوان لە گژوگیا سەوز دەكات.

(٦) ئەوە كار گەلێكە كە ئەوە ئەسەلمێنێ كەالله هەر خۆی راستەو بێ گومان ئەو مردوان زیندو دەكاتەوە،وە بێگومان ئەو زاتە توانایی بەسەر هەمو شتێكدا هەیە.

(٧) بێگومان قیامەت دێتو هیچ گومانێكی تێدا نیە، وە بێگومان كە الله تەواوی ئەوكەسانەی كە لەناو گۆڕدان زیندویان ئەكاتەوە. بەڵێ سەرەرای ئەو هەمو بەڵگە بە هێزو بەرچاوانەش كەچی،

(٨) لە ناو هەندێك لە خەڵكدا كەسانێك هەن كە بەبێ ئەوەی لەبارەی زاتی اللهوە، هیچ زانیارییەكیان ببێت كێشەو دەمەقاڵە ئەكەن، جا هەر وەكو زانیاریان نیە هیچ رێنوینیەكیشیان لا نیە و هیچ پەڕوایێكی رۆشنكەرەویشیان لە دەستدا نیە، واتە: قسەكانیان زۆر بێڕێو جێیەو هیچ

بنەمایەکی زانستی نیە، جا شایستەی وەڵام و گوێ پێدان
نین.
(٩) ئەو کەسە بە لووت بەرزی وبە فیزەوە مل لە حەق و
راستی وەرئەگێڕێ تا خەڵکی لە رێگای اللهدا لابدات، جا ئەم
کەسە لە دونیادا هەر سەرشۆڕی بۆ هەیەو لە رۆژی
قیامەتیشدا سزای ئاگری سوتێنەری پێ ئەچەژین.
(١٠) ئەو سزایەی کە ئەمڕۆ دەرخواردت دەدرێت شتێکی
ناحەق نیە، بەڵکو بە هۆی ئەو ئێشە خراپانەیە کە دوو
دەستەکەت پێشیان خستوە بۆت، ئەگینا بێگومان کەالله
هیچ ستەمێك لە بەندەکانی ناکات. ئینجا قورئان پێناسەی
کۆمەڵێکی‌تر لە خەڵك ئەکات و ئەفەرموێ:
(١١) لە ناو ئەم خەڵکەدا کەسی وا هەیە کە خوا پەرستی
ئەکات بە دوودڵیەوەو گۆشەیەك لەم ئایینە ئەگرێت و
ناچێتە ناوبنج و بنەوانی ئایینەوە، جا ئەگەر خێرو
چاکەی هاتەرێ دڵی ئارام ئەگرێت و ئەڵێت: بە خوا ئەم
ئایینە خەیرێك بو بەسەرمدا رژا بەڵام ئەگەر لە سەر
خواو ئایین تەنگوو چڵەمەو گرفتاری توش هات بەرەو
خراپی و ناڵەباری پێشوی خۆی ئەگەڕێتەوەو لە ئایین
پاشگەز ئەبێتەوە کە بەم کارەی دنیاو دوا رۆژیی لە دەست
چوو، چونکە بە هۆی ئەوەوە کە لە رواڵەت دا خۆی بە
باوەڕدار پیشان ئەدات وەکو بێ‌باوەڕانی تر سود لە دنیا
نابات، وە چونکە راستیشی نەکردوە لەقیامەتدا لەگەڵ پیاو
چاکانیشدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت، ئەوەیە زیانی
ئاشکراو روون، ئەمانە وەك کەسێك وان کە لە سەر لێواری
کەژێکی بەرز وستاوە جا هەر بە بایەکی سوك دەکەوێتە
خوارەوە، ئەمانیش هەر بە وەی کە توشی تەنگانەو
چەڵەمە ببن و بە ناو وناتۆرە ئێش و ئازاریان بۆ دروست
بکرێت پاشگەز دەبنەوە، بەڵام ئەگەر توشی خەیر ببن و
رێزیان بۆ دابنرێت و بە پیاو ماقوڵ و پیاوچاکی ناوی ببن
بە دینەکەی دڵخۆش دەبێت، واتە: میزانی حەق و ناحەق
لای ئەمانە دەستکەوت و خۆشی دنیایە ئەگەر دەستیان
کەوت ئەو دینە بەچاك دەزانن و ئەگەر توشی بەلابون لە
دین و دینداری وازدەهێنن، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: (تَعِسَ
عَبْدُ الدِّينَارِ وَعَبْدُ الدِّرْهَمِ وَعَبْدُ الْخَمِيصَةِ إِنْ أُعْطِيَ رَضِيَ وَإِنْ
لَمْ يُعْطَ سَخِطَ تَعِسَ وَانْتَكَسَ وَإِذَا شِيكَ فَلَا انْتَقَشَ طُوبَى
لِعَبْدٍ آخِذٍ بِعِنَانِ فَرَسِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَشْعَثَ رَأْسُهُ مُغْبَرَّةٍ قَدَمَاهُ
إِنْ كَانَ فِي الْحِرَاسَةِ كَانَ فِي الْحِرَاسَةِ وَإِنْ كَانَ فِي السَّاقَةِ
كَانَ فِي السَّاقَةِ إِنْ اسْتَأْذَنَ لَمْ يُؤْذَنْ لَهُ وَإِنْ شَفَعَ لَمْ يُشَفَّعْ/
واتە: دەك لە ناوچون ئەوانەی کە بەندەو عەبدی دینارو
درهەم و جل و بەرگی جوانن، ئەرگەر ئەمانەیان پێبدرێت
رازی و دڵ خۆشن خۆ ئەگەر پێیان نەدرێت تورەو ناڕازین
دەك لەناوچێت و بەناوچاوانیدا بدات بە زەویداو هەر
کاتێك درکێکی پێدا بچیت نەیەتە دەرەوە، وە خۆشا بە
حاڵی ئەو کەسەی کە رەشۆی ئەسپەکەی دەگرێت و سەرو
پێ تەپ و تۆزاوی لەرێی الله دا جیهاد دەکات ئەگەر لە
حەرەسی دابنرێت ئەرکی حەرسیەکەی بە تەواوی
بەجێ‌دەهێنرێت، وە ئەگەر بۆ پاڵنان و لێخورین لە پاش
سوپاکەوە دانرێت ئەو هەر ئەرکی خۆی ئەنجام دەدات، وە
ئەگەر دەوای ئیزن بکات ئیزنی پێ نادرێت وە ئەگەر تکا
بکات بۆ کەسێك لێی وەرناگیرێت} واتە مرۆڤێکی نادیارەو
بە پێچەوانەی دەستەی یەکەم نە خۆ بەزلزانەو
نەدنیاویست بەڵکو مەبەستی رازی کردنی اللهیە.
(١٢) جا ئەم کەسە جگە لە الله شتێك ئەپەرستێت نە لە
سەر پەرستنە کەی سودیی پێ نەگەیەنێ و نە لە سەر
نەپەرستنەکەی زیانی لێ دەدات، بەراستی ئەوەیە سەر لێ
شێواوی و گومڕاهی دوور لە حەقیقەت و راستی.
(١٣) ئەم مرۆڤە لەم کارەیدا کەسێك ئەپەرستێت کە زیانی
نزیکترە لە سودەکەی ئای چ خراپ دۆست و چ خراپ یارو
یاوەرێکە بۆی. ئەم ئایەتە لەگەڵ پێشودا کە فەرموی نە
زیانی لێ ئەدا ونە سودی پێ دەگەیەنێ دژایەتی نیە،
چونکە ئەو پەرستراوە لە خودی خۆیدا توانای هیچ سودو
زیانی نیە بەڵام کابرای پەیڕەوی‌کەر لەو پەرستراوە لە لای
خوا بە هۆی ئەو شیرکەوە زیانی دەست ئەکەوێت نە سود،
کە مانای ئەم ئایەتەیە. یان دەگونجێ ئایەتی پێشو کەبە
وشەی﴿ما﴾ هاتوە مەبەست شتە بێ‌عەقڵەکان بێت وەکو
بتە ئاشراوەکان و خۆرو مانگو ئەستێرەو قەبرو
گاو...و...هتد کە ئەوانە نە ئەتوانن سود بە مرۆڤ بگەیەنن
ونە زیان، دووهەمیش کە بە وشەی﴿من﴾ هاتوە مەبەست

وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَٰهُ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ وَأَنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يُرِيدُ
(١٦) إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ
وَٱلۡمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ
يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ (١٧) أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ
يَسۡجُدُۤ لَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ
وَٱلنُّجُومُ وَٱلۡجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٞ مِّنَ ٱلنَّاسِۖ
وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيۡهِ ٱلۡعَذَابُۗ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكۡرِمٍۚ
إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يَشَآءُ ۩ (١٨) ۞ هَٰذَانِ خَصۡمَانِ ٱخۡتَصَمُواْ
فِي رَبِّهِمۡۖ فَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ قُطِّعَتۡ لَهُمۡ ثِيَابٞ مِّن نَّارٖ يُصَبُّ
مِن فَوۡقِ رُءُوسِهِمُ ٱلۡحَمِيمُ (١٩) يُصۡهَرُ بِهِۦ مَا فِي بُطُونِهِمۡ
وَٱلۡجُلُودُ (٢٠) وَلَهُم مَّقَٰمِعُ مِنۡ حَدِيدٖ (٢١) كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ
أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا مِنۡ غَمٍّ أُعِيدُواْ فِيهَا وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ
(٢٢) إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ
أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ (٢٣)

پەرستراوە عاقڵەکان بێت وەکو رەئیس خێڵو گەورەو سەرۆك حیزبو لێپرسراوی دەستەو گرۆهەکان کە فەرمانەکانیان وەکو فرمانیﷲ جێبە جێ ئەکەن جا چ بیانەوێو چ نەیانەوێ ئەبنە خوای ئەو خەڵکە نەزانە، جا ئەمانە دەگونجێ هەندی سودی دنیاییان هەبێت بەڵام زیانیان هەر زۆر نزیکترەو زوویش یەخیان ئەگرێ، ئای چ هاونشینو هاودەمێکی نالەبارە کە لە دنیادا ماڵو سامانو گیانی خۆی بۆ فیدا کرد بەڵام ئەو نەك هەر سودی پێ نەدا بەڵکو نەفرینیشی لێ ئەکات جا تو خوا ئەگەر مرۆڤ ژیر بێتوکەمێ عەقڵی بخاتە کارەوە هەرگیز ئیشی ئاوەها ئەکات؟!

(١٤) بێگومان ﷲ ئەوانەی کە باوەڕیان هیناوەو ئیشی چاکیان کردوە ئەیانخاتە ناو باغاتێکەوە کە چەندین جوگای بە ناودا دەڕوات، بێگومان کەﷲ هەرچییەکی بوێت ئەیکاتو کەس ناتوانێ رێگای لێ بگرێت، وە بە راستی ﷲ یارمەتی پێغەمبەرەکەی خۆی ئەدات وبەسەر دوژمنانیدا زاڵی ئەکات

(١٥) ئەو کەسەی کەوا گومان ئەکات کە ﷲ لە دنیاو لە دوا رۆژدا یارمەتی پێغەمبەرەکەی نادات دەی با پەتێك بوەستێت بە بنمیچی خانوەکەی خۆیەوەو پاشان با خۆی بخنکێنێ ئینجا تەماشا بکاتو بزانێ ئایا بەم فێڵو تەڵکەیەی ئەو، ئاواتی هاتەدیو دڵی ئاوی خوارد ؟ واتە: هەر چەند پێتان ناخۆشبێت بەڵام ﷲ هەر پێغەمبەرەکەیو ئاینەکەی خۆی سەر دەخات جا هەرچی ئەکەن بیکەن ئەگەر خۆ خنکاندنیش بێت.

(١٦) جا هەر ئاوەها دەیبینن ئێمە ئەم قورئانەمان رەوانە کرد کە بەڵگە گەلێکی رۆشنکەرەون، وە بە راستی ﷲ ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت رێنمای دەکاتو دەیگەیەنێت بە خۆشبەختی، وە ئەمە ئیشی ﷲیەو کەس ناتوانێ دەستی تێبخات ئەو خودایەو مرۆڤیش بەندەو موڵکێتیو هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی تێدا بکات بە ویستو ئارەزۆی خۆیەتی.

(١٧) بێگومان ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو ئەوانەی کە بوون بە جولەکەو بە سەبەئیو بە گاورو بە ئاگر پەرستو ئەوانەی کە شەریکیان بۆ ﷲ داناوە هەروا بە یەك شێوە ناچنو یەك حیسابیان نیە، بەڵکو بە راستی ﷲ لەرۆژی قیامەتدا جیایان دەکاتەوەو ئەوەی کە باوەڕی هێناوە ئەیخاتە بەهەشتەوە، وە ئەوەیش کە باوەڕی راستە قینەی نەهێناوە ئەیخاتە دۆزەخەوە بە راستی خوا ئاگادارە بەسەر هەموشتێکداو ئەزانێ لەدنیا دا کێ راستی کردوە وە کێیش ناراست بووەو هیچی لێ ون نابێت، ئینجا خودا تێمان دەگەیەنێ کە هەر خۆی شایستەی پەرستنەو ئەفەرموێ:

(١٨) مەگەر تۆ نابینی کە ئەوەی لە ئاسمانەکاندایە ولە ناو زەویدایەو خۆرو مانگو ئەستێرەکانو چیاکانو دارو درەختو ئەوەی کە بەسەر زەویدا ئەڕواتو زۆریش لەخەڵك سوجدە بۆ خوا ئەبەن گەلێکیش لە خەڵك سزایان بۆ براوەتەوەو سوكو ریسوا بوون وە ئەو کەسەش کەﷲ سوكو ریسوای بکات تازە هیچ کەسێکیش رێزی لێناگرێت، بێگومان ﷲ ئارەزۆی لەچی بێت ئەیکاتو هیچ هێزو دەسەڵاتێك نیە کە بتوانێت رێگای لێ بگرێت، ئینجا

جارێکی تر ئەچێتەوە سەر باسی سزای خراپەکارانو ئەفەرموێ:

(١٩) ئەمانە دوکەسن کە لەسەر پەروەردگاری خۆیان کێشەیان هەیە یەکێکیان لایەنگر ێتیو هەوڵو کۆششی رازی کردنیەتیو ئەوی تریان دوژمنیەتیو هەوڵو تەقەلای رێگرتنی ئایینو ناشیرین کردنیەتی، جا ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون پۆشاکێکی ئاگرینیان بە ئەندازەی بەژنو باڵایان بۆ دانراوەو لەبەری ئەکەن کە ئاوی کوڵاوو داخیان بەسەردا دەکرێت .

(٢٠) بەو ئاوە داخە هەناویانو پێستەکانیان ئەتوێتەوە.

(٢١) جا گورزی ئاسنینیان بۆ هەیەو بەو گورزانە لێیان ئەدرێت. پۆشاکی ئاگرو ئاوی کوڵاو بەسەراکردنو دانەبەر گورزی ئاسن دیاری پاشەرۆژی بێ باوەڕانە ئەمە تەنها جارێك نیە وبۆ یەك ماوەی کورت نیە بەڵکو درێژەی هەیە وەك دەفەرموێ:

(٢٢) هەر کە ئەیانەوێ لەو ئاگر دەربچن با دەدرێنەوە بۆ ناویو پێیان ئەوترێت: بچەژن سزای ئاگری سوتێنەر. جا هەر وەك باوی قورئانە ﷻ پاش باسی خراپانو سزایان باسی چاکانو پاداشتیان ئەکات وئەفەرموێ:

(٢٣) بێگومان ﷻ ئەوکەسانەی کە باوەڕیان هێناوەوکرداری چاکیان ئەنجام داوە ئەیانباتە ناوباغاتێکەوە کە جۆگەکان بە ناویاندا ئەڕۆن سەرەرای ئەمەش لەناو ئەو باغانەدا بەبازنە زێرینەکان وبە مرواری دەڕازێنرێنەوەو هەر وەکو پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی: (تَبْلُغُ الْحِلْيَةُ مِنْ الْمُؤْمِنِ إِلَى حَيْثُ يَبْلُغُ الْوُضُوءُ/واتە: خشڵو رازاندنەوەی باوەڕدار ئەگاتە ئەو شوێنەی کە ئاوی دەست نوێژ پێی دەگات} وە پۆشاکی ئەوان لەناو ئەو باغاتانەدا هەورێشمە، جا ئەی عاقڵ تەماشا بکە ئەوانەی کە لە دنیادا هەورێشمیان دەپۆشیو گوێیان بە حەڵاڵو حەرام نەدەدا وا ئەمڕۆ پۆشاکی ئاگرین دەپۆشن بەڵام ئەوانەی کە فرمانی ﷻو پێغەمبەرەکەیان ئەنجام دەداو لەسەر بڕیاری ئەوان هەورێشمو زێڕیان لە خۆیان قەدەغە کرد بو وا ئەمڕۆ ﷻبەو دووانە خەڵاتیان دەکات. هەروك پێغەمبەرمان

وَهُدُوٓاْ إِلَى ٱلطَّيِّبِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ وَهُدُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡحَمِيدِ
(٢٤) إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسۡجِدِ
ٱلۡحَرَامِ ٱلَّذِي جَعَلۡنَٰهُ لِلنَّاسِ سَوَآءً ٱلۡعَٰكِفُ فِيهِ وَٱلۡبَادِۚ
وَمَن يُرِدۡ فِيهِ بِإِلۡحَادِۭ بِظُلۡمٖ نُّذِقۡهُ مِنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ (٢٥)
وَإِذۡ بَوَّأۡنَا لِإِبۡرَٰهِيمَ مَكَانَ ٱلۡبَيۡتِ أَن لَّا تُشۡرِكۡ بِي
شَيۡـٔٗا وَطَهِّرۡ بَيۡتِيَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلۡقَآئِمِينَ وَٱلرُّكَّعِ
ٱلسُّجُودِ (٢٦) وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَجِّ يَأۡتُوكَ رِجَالٗا وَعَلَىٰ
كُلِّ ضَامِرٖ يَأۡتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٖ (٢٧) لِّيَشۡهَدُواْ
مَنَٰفِعَ لَهُمۡ وَيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡلُومَٰتٍ
عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِۖ فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ
ٱلۡبَآئِسَ ٱلۡفَقِيرَ (٢٨) ثُمَّ لۡيَقۡضُواْ تَفَثَهُمۡ وَلۡيُوفُواْ
نُذُورَهُمۡ وَلۡيَطَّوَّفُواْ بِٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ (٢٩) ذَٰلِكَ وَمَن
يُعَظِّمۡ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّهُۥ عِندَ رَبِّهِۦۗ وَأُحِلَّتۡ
لَكُمُ ٱلۡأَنۡعَٰمُ إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡۖ فَٱجۡتَنِبُواْ
ٱلرِّجۡسَ مِنَ ٱلۡأَوۡثَٰنِ وَٱجۡتَنِبُواْ قَوۡلَ ٱلزُّورِ (٣٠)

ﷺفەرمویەتی: {لَا تَلْبَسُوا الْحَرِيرَ وَلَا الدِّيبَاجَ وَلَا تَشْرَبُوا فِي آنِيَةِ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَلَا تَأْكُلُوا فِي صِحَافِهَا فَإِنَّهَا لَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَنَا فِي الْآخِرَةِ /متفق عليه/ هەورێشم، بەجۆرەکانییەوە نە قایم وەنە تەنکی نەپۆشن وە لە کاسەی زێڕو زیوی دا نەخۆنو نەخۆنەوە، چونکە بێگومان ئەوە بۆ بێباوەڕانە لە دنیاداو بۆ ئێوەیە لە پاشە رۆژدا}. بەڵێ ئەم باوەڕدارە چاکە کارانە چونکە خواو ئاینیان ویستوە پشتگوێ نەخراون.دەفەرموێ:

(٢٤) ئەوانە هەم بۆ هەمو قسە پاكو جوانەکان رێنمای کراون کە گەورەترینیان وشەی (لا اله الا الله)یە کە وشەی یەکتاپەرستیە، وە هەم لەدنیادا بۆرێگای پەسەندی ﷻی سوپاسکراو رێنمای کراون، جا ئەم رێنماییە دەیانگەیەنێت بەو جێگایەی کە هەر قسەی چاکی تێدا ئەکرێت کە بەهەشتە، هەروەك چۆن لەدنیادابە بێ ماندو بوون هەناسە دەدەین خەڵکی بەهەشتیش هەر بە سوپاسی ﷻوە بەبێ ماندو بون خەریك دەبن. بەڵێ ئەوەی کەباسکرا پاداشی ئەو دوو تاقمە بوون کە یەکێکیان بۆ خوا ئەویتریان دژی خوا لە دنیادا دژایەتی یەکتریان ئەکرد، ئەم

لەیەك دانی راستو ناراستە هەتا قیامەت هەر ئاوا درێژەی دەبێت. وتراوە ئەمە لەکاتێکدا دابەزیوە کە علی وحەمزە وعوبەیدەی ئامۆزای پێغەمبەر لە غەزای بەدردا دەرچون بۆشەیبە وعوتبەی کوڕی رەبیعەو وەلیدی کوڕی عوتبە کەسیانەکەی پێشو بۆ خواو سیانەکەی دوایش دژی خوا بەرانبەر یەك وەستان ولەئاکامدا هەرسێ بێ باوەڕەکان کوژران وعوبەیدەیش شەهید بو.

(٢٥) بەراستی ئەو کەسانەی کە بێ باوەڕ بوونو رێگا لە ئاینی خودا ئەگرن وئەبن بەپەرچ لەرێگای بڵاو بونەوەی‌داو بەرگری خەڵك لە ماڵی خوا دەکەن ئەو ماڵەی کە بۆ هەمو خەڵکمان داناوە کە یەکسانە تێیدا خەڵکی نیشتەجێی ناو مەکەو خەڵکی کاروانی، وە هەرکەسێك بییەوێ لەوێدا هەر جۆرە نارێکیو ستەمێك بکات سزایەکی دەردناکی پێ دەچەژین. ئەم چەند ئایەتە ئەوە دەگەیەنن کەئەم ئایەتانە لە(مەدینە)دا هاتبێتە خوارەوە، لەبەر ئەوە وتراوە کە ئەم سورەتە سورەتێکی سەیرە دوو سوجدەی تێدایە، بەشەوو بەرۆژ دابەزیوە، لە سەفەرو لەماڵدا هاتوە، (مەکە)یو (مەدینە)ییە، ئاشتیە وجەنگیە، هەڵوەشێنەرەوەو هەڵوەشێنەراوەیە {النَّاسِخُ و الْمَنسُوخ}و موحکەم و موتەشابیهە، واتە ئەوانە هەمو لەم سورەتەدا روی داوە.

(٢٦) باس بکە ئەو کاتەی کە جێگای (کەعبە)مان بۆ ئیبراهیم دیاری کرد کە دروستی بکات بۆ بەندایەتی تێداکردنیو پێمان وت: کە هیچ هاوبەشێك بۆ من دانەنێیتو ماڵەکەم پاكو خاوێن بکەرەوە بۆ ئەوانەی کە تەنها بۆ تەواف هاتوون بۆ ئەو شوێنەو ئەوانەیش کە خەڵکی ئە وشوێنەن، وە بۆگەردن کەچان وسوجدەبەران کە نوێژکەرانن. ئەمە ترساندنو سەرزەنشتێکی گەورەیە بۆ قورەیش کەرێزی ئەوان بەهۆی ماڵێکەوەیە کە یەکەم جار بۆ یەکتاپەرەستی دروستکراوە کەچی ئەوان لەوێدا بت ئەپەرستن؟!

(٢٧) جا وتمان بە ئیبراهیم: جاڕبدە بەناو خەڵکدا بۆ حەج کردن، جا کە بانگت کرد لە هەمو رێگایەکی قوڵو دورەوە بە پیادەو بەسەر هەمو شتێکی لەڕو لاوازەوە دێن بۆ لات. ﴿ضَامِرٍ﴾ لەڕ،لاواز، لە راستیدا ئەمە هەمو هۆیەکانی ئازوگویازی سەردەم ئەگرێتەوە، وەك: تەیارەو سەیارە.

(٢٩) تا ئامادەی ئەو سودانەی خۆیان ببن هەم بازرگانی وهەم عیبادەت، وە تا ناوی الله ببەن لەکاتی سەربڕینی ئەو ئاژەڵانەدا کە اللهکردویەتی بە رۆزیان لەو چەند رۆژە دیاریانەدا، وە بە یاد کردنی الله سوپاسی ئەو هەمو نیعمەتانەی بکەن، جا لەو قوربانیانەی کە ئەیکەن خۆتان لێیان بخۆنو بیدن بە هەژارانو نەدارانیش.

(٢٨) پاش ئەو ئاژەڵ سەربڕینە با چڵكو پیسی لە خۆیان لابەن جا بە سەر تاشین یان کورت کردنەوەو نینوکگرتن، دەست پێ بکەن، پاشان خۆشۆردنوپاكوخاوێنی، وە ئەوەی کە پێویستیان کردوە لە سەر خۆیان لەکردارەکانی حەجو جگە لەویش جێبەجێی بکەن، وەبا بە دەورەی ماڵی خوادا بسوڕێنەوەو تەواف هاتنە خوارەوە بەجێ بهێنن، ﴿الْعَتِيقِ﴾ واتە: کۆن،چونکە ماڵی خوا یەکەم ماڵە کە لەم سەر زەویەدا بۆ خەڵك دروستکراوە.

(٣٠) بڕیار ئەوەیە کە ئاوا بکەن وە هەر کەسێك قەدەغە کراوەکانی الله بە گەورە بگرێت وسنور نەبەزێنێت، ئەوسا ئەوە چاکە بۆی لەلای پەروەردگاری، وە مەڕو بزن وگاو وشتریان بۆحەڵاڵ کراوە جگە لەوەی کە لە ئایندەدا ئەخوێنرێتەوە بەسەرتاندا، جا ئەوەبو لەمەدینەدا سورەتی (المائدة) دابەزیو ئەو قەدەغ ەکراوانەی دیاری کرد، ئینجا ئەفەرموێ جا خۆتان دور بخەنەوە لەپیسی کە بتەکاننو نەیانپەرستنوخۆتان لەقسەی نارەواو درۆو ناحەق دور بخەنەوە، پیغەمبەرﷺ فەرمویەتی: {أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ قُلْنَا بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ الْإِشْرَاكُ بِاللَّهِ وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ وَكَانَ مُتَّكِئًا فَجَلَسَ فَقَالَ أَلَا وَقَوْلُ الزُّورِ وَشَهَادَةُ الزُّورِ أَلَا وَقَوْلُ الزُّورِ وَشَهَادَةُ الزُّورِ فَمَا زَالَ يَقُولُهَا حَتَّى قُلْتُ لَا يَسْكُتُ/ متفق عليه / واتە: ئایا گەورەترینی تاوانە گەورەکانتان پی نەڵیم؟ وتمان: بەڵێ ئەی پیغەمبەری خواﷺ.فەرموی: شەریك دانان بۆخوا ودەرچون لە فرمانی دایكو باوك، پێغەمبەرﷺ کە شانی داهێڵا بوو ئینجا دانیشت، جا فەرموی: ئاگادار بن قسەی درۆ هەڵبەستن،

حُنَفَآءَ لِلَّهِ غَيۡرَ مُشۡرِكِينَ بِهِۦۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ
ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ
٣١ ذَٰلِكَۖ وَمَن يُعَظِّمۡ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقۡوَى ٱلۡقُلُوبِ
٣٢ لَكُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ مَحِلُّهَآ إِلَى ٱلۡبَيۡتِ
ٱلۡعَتِيقِ ٣٣ وَلِكُلِّ أُمَّةٖ جَعَلۡنَا مَنسَكٗا لِّيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ
ٱللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِۗ فَإِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ
فَلَهُۥٓ أَسۡلِمُواْۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُخۡبِتِينَ ٣٤ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتۡ
قُلُوبُهُمۡ وَٱلصَّٰبِرِينَ عَلَىٰ مَآ أَصَابَهُمۡ وَٱلۡمُقِيمِي ٱلصَّلَوٰةِ وَمِمَّا
رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣٥ وَٱلۡبُدۡنَ جَعَلۡنَٰهَا لَكُم مِّن شَعَٰٓئِرِ
ٱللَّهِ لَكُمۡ فِيهَا خَيۡرٞۖ فَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا صَوَآفَّۖ فَإِذَا وَجَبَتۡ
جُنُوبُهَا فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡقَانِعَ وَٱلۡمُعۡتَرَّۚ كَذَٰلِكَ سَخَّرۡنَٰهَا
لَكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٣٦ لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا
وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقۡوَىٰ مِنكُمۡۚ كَذَٰلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمۡ لِتُكَبِّرُواْ
ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٣٧ ۞إِنَّ ٱللَّهَ
يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٖ كَفُورٍ ٣٨

ئاگادار بن شایەتی درۆدان، ئەوسا ئەمانەی ئەوەندە وتەوە تا وتم تازە بێدەنگ نابێت) بە داخەوە ئەمرۆ کێ چاکتر بزانێ درۆ هەڵبەسێتو درۆ بڵێت ئەوە سیاسەتمەدارو لێزانترە؟! نازانن کە ئەوە نیشانەی ئاخر زەمانە قسەیەکی راستەو فەرمودەی پێغەمبەرمانە: (سَيَأْتِي عَلَى النَّاسِ سَنَوَاتٌ خَدَّاعَاتُ يُصَدَّقُ فِيهَا الْكَاذِبُ وَيُكَذَّبُ فِيهَا الصَّادِقُ وَيُؤْتَمَنُ فِيهَا الْخَائِنُ وَيُخَوَّنُ فِيهَا الْأَمِينُ وَيَنْطِقُ فِيهَا الرُّوَيْبِضَةُ قِيلَ وَمَا الرُّوَيْبِضَةُ قَالَ الرَّجُلُ التَّافِهُ فِي أَمْرِ الْعَامَّةِ/ واتە: بەم زوانە ساڵانێکی فریودەر بە سەر خەڵکدا دێت کە دۆزن تێیدا بە راستگۆ دادەنرێتو راستگۆیش بە درۆزن، وە خیانەتکار بە ئەمینو پیاوی ئەمینیش بەخیانەتکار هەژمار دەکرێت، وە روەیبیزەکان دەبنە دەم راستی خەڵك. بێژرا روە یبیزە کێیە؟ فەرموی: پیاوی هیچو پوچەوەو لە کاروباری گشتیدا قسە دەکات).

٣١ راست هەر بۆ خودا بنو هیچ هاوبەشێکی بۆ دانەنێن، چونکە هەرکەسێك هاوبەشدانێت بۆﷲ جا وەك ئەوە وایە کەلە ئاسمانەوە بەربوبێتەوە، جا باڵندە پڕی بداتێ وبیفڕێنێت وگاڵ گاڵی بکات یان گڕە بایەکی توند لێی بداتو بیخاتە شوێنێکی دورەوە، جا ئەو کەسەی کە لە ئاسمانی بەرزو چاودێری کراوی ئیمان بە هۆی شیركو کوفرەوە بکەوێتە خوارەوە جگە لە سزاو بەڵای دنیاو پاشەرۆژ شتێکی تری دەست ناکەوێت واتە موشریکان ئاوەهان وتازە لە ریزی بنیام دەرئەکرێن ولە دنیادا وەك ئاژەڵنو لە رۆژی قیامەتیشدا بۆ هەمیشە بە کەڕوکوێرولاڵی لەناو ئاگری دۆزەخدان. ﴿ سَحِيقٖ ﴾ واتە: شوێنی دوردەست ونائومێد کەر.

٣٢ بڕیاری ﷲ بەو شێوەیە کە هەرکەسیك دروشمەکانی ﷲ بە گەورە بگرێو رێزی بۆ دابنێت، جا بە راستی ئەو رێزگرتنانە لەبەشی پارێزکاری دڵەکانە، واتە ئەودڵانە لە خوا ترسو پارێزکارن.

٣٣ بۆتان هەیە سود گەلێك لەو مەڕو بزنو گاو وشترەی کە دەیبەن بۆ سەر بڕین لەمەکەدا تا ماوەی دیاری کراو کە رۆژی قوربانی کردنە وەك شیرو خوریو موو ئازو گویاز کردنی کەلوپەل بەوان، پاشان جێگای سەربڕینیان لەلای ئەوماڵە کۆنەدایە کە ماڵی خوایە، ئەمە باسی قوربانی حاجیانەو ئەبێ کە ئەو ئاژەڵانە لەدەوروبەری ئەو ماڵەدا سەربڕێنو هەر شێوە سودێکیان لە پێشەوە لێ وەرگیرێت دروستە.

٣٤ بۆ هەرگەلو ئاینێك یاسای بەندایەتیو قوربانی کردنمان داناوە تا ناوی خوا بهێنن لەسەر سەربڕینی ئەوانەی کە کردومانە بە رۆزیان لەو مەڕو بزنو وشترو گایانە، جا پەروەردگارو خوای ئێوە خوایەکی تەنهایە دەی ئەبێ تەنها بۆئەو گەردن کەچو تەسلیم بنو کەسێکیتر نەکەن بە هاوبەشی نەلە کاتی سەربڕینی ئاژەڵداو نە لەکاتی هیچ بەندایەتیەکی تردا، جا مژدە بدە بەوانەی کە خۆیان بە کەم دەگرنو بە دەعیەو لوت بەرز نین ئەوانە کێن؟

٣٥ ئەو کەسانەن کە هەرکاتێ ناوی خوا ببرێت دڵەکانیان دەترسێتو تێتە هەشۆکان، وە ئەوانەن کە خۆگرن لەسەر ئەوشتانەی کە دووچاریان ئەبێت لەدنیاداو نوێژدەکەنو لەوەی کە پێمانداون دەبەخشن، واتە" ئەو چوار وەسفە

أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ
لَقَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن
يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ
صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ
كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ
عَزِيزٌ ﴿٤٠﴾ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ
وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴿٤١﴾ وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدۡ كَذَّبَتۡ
قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ نُوحٖ وَعَادٞ وَثَمُودُ ﴿٤٢﴾ وَقَوۡمُ إِبۡرَٰهِيمَ وَقَوۡمُ لُوطٖ ﴿٤٣﴾
وَأَصۡحَٰبُ مَدۡيَنَۖ وَكُذِّبَ مُوسَىٰ فَأَمۡلَيۡتُ لِلۡكَٰفِرِينَ ثُمَّ
أَخَذۡتُهُمۡۖ فَكَيۡفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٤٤﴾ فَكَأَيِّن مِّن قَرۡيَةٍ
أَهۡلَكۡنَٰهَا وَهِيَ ظَالِمَةٞ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا
وَبِئۡرٖ مُّعَطَّلَةٖ وَقَصۡرٖ مَّشِيدٍ ﴿٤٥﴾ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ
فَتَكُونَ لَهُمۡ قُلُوبٞ يَعۡقِلُونَ بِهَآ أَوۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَاۖ فَإِنَّهَا
لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ﴿٤٦﴾

وەسفی خۆ بەکەم زانانە﴿ ٱلۡمُخۡبِتِينَ ﴾ ئینجا خوای گەورە ئەفەرموێ:

﴿٣٦﴾ وشترە گەورەو قەڵەوەکانمان داناوە بۆتان کە بەشێك بن لە دروشمەو بەڵگەی دۆزینەوەی بڕیارو فرمانەکانی ﷲو سودێکی زۆریان تێدا هەیە بۆتان، جا کاتێ کە ئامادەکرا بۆ سەربڕین بەم شێوەیە کە لەسەر سێ لاقی وەستاوەو لاقێکی بەسراوەتەوە، ئینجا ناوی ﷲ ی لەسەر بهێنن‌و سەری ببڕن، ئەوسا هەر کاتێ کەوتن‌و پاك کران‌و ئامادەکران بۆ خواردن، جا خۆتان لێی بخۆن‌و پاشان بیدەن بە هەمو کەسێکی نەدار داواکەرو داوانەکەر، بە شاریی‌و بە لادێیی‌و بە نیشتەجێ‌و بە رێبوار، بە داراو نەدار. هەر ئاوەها کە دەیبینن راموو گەردن کەچمان کردون بۆتان، سا بەڵکو ئێوەش ورد ببنەوەو سوپاسی ئێمە بکەن. ﴿ ٱلۡقَانِعَ وَٱلۡمُعۡتَرَّ ﴾ بە چەندین مانا باسکراون ئەوە هەندێك لەو مانایانە بو، جا تەماشای ئەو وشترە زەبەلاح‌و گەورە بکەن کە چۆن ﷲ رامو گەردن کەچی کردوە بۆمان کە سێ پلنگ بە ئەندازەی‌و شترێك نابن کەچی مرۆڤ ناتوانێ بەبێ چەك‌و چۆڵە لەیەك پلنگیش نزیك بکەوێتەوە نەك دوان‌و سیان.

﴿٣٧﴾ نە خوێنی ئەو وشترە قوربانیانەو نە گۆشتەکانیان هەرگیز بە ﷲ ناگات‌و نیازیشی بەوە نیە بەڵام ئەو پارێزکاریی‌و لە خوا ترسیەکەی ئێوەی دەوێت‌و پەسەندی ئەکات‌و هەر ئەوەیشی مەبەستە، هەر ئاوەها ﷲ ئەو وشترانەی رام کردوە بۆتان بۆ ئەوەی ﷲ بە گەورەو خاوەن دەسەڵات بزانن‌و سوپاسی بکەن لەسەر ئەوەی کە رێنمای کردون بۆ ئەم ئاینە، وە ئەی محمدﷺمژدە بدە بەوانەی کە چاکە کارن‌و هەمیشە وائیش ئەکەن وەك ئەوەی کە چاویان لەﷲبێت. پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە قوربانی یان هەر ئیشێکی چاکەی تر ئەکات لە ناخی دڵیەوە تەنها مەبەستی رەزامەندی ﷲ بێت‌و هیچی تر، وە قوربانی کردن وەك هەمو عیبادەتەکانی تر بۆ ئەوەی کە وەر گیرێت دە بێت جگە لەمە کەنیەتی پاکبێ دەبێ بەو شێوەیە بێت کە لە شەرعدا دیاری کراوە. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ أَوَّلَ مَا نَبْدَأُ فِي يَوْمِنَا هَذَا أَنْ نُصَلِّيَ ثُمَّ نَرْجِعَ فَنَنْحَرَ فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَقَدْ أَصَابَ سُنَّتَنَا وَمَنْ نَحَرَ قَبْلَ الصَّلَاةِ فَإِنَّمَا هُوَ لَحْمٌ قَدَّمَهُ لِأَهْلِهِ لَيْسَ مِنَ النُّسُكِ فِي شَيْءٍ/ متفق عليه/ واتە: یەکەم شتێ کە لەم رۆژی جەژنی قورباندا دەستی پێ ئەکەین نوێژ کردنە پاشان دەگەڕێینەوە بۆ ماڵ‌و قوربانی ئەکەین، جا هەر کەسێك ئاوەهای کرد ئەوە سوننەتی ئیمەی پێکاوە، وە هەر کەسێك بەرلە نوێژ ئاژەڵ سەرببڕێت ئەوە تەنها گۆشتێکەو پێشکەشی خاوخێزانی کردوەوهیچ پەیوەندی بە قوربانیەوە نیەو حیسابی قوربانی بۆ ناکرێت}

﴿٣٨﴾ بێگومان کە ﷲ پارێزگاری لەو کەسانە ئەکات کە باوەڕیان هێناوە چونکە بە بێگومان کە ﷲ هیچ خیانەتکارو کافرو سپڵەیەکی خۆش ناوێ.

﴿٣٩﴾ ماوەی شەڕ کردن درا بەو کەسانەی کە شەڕیان لەگەل دا ئەکرێت، چونکە بەراستی ئەوانە ناهەقیان پێ کراوەو بێگومانﷲ زۆر بەتوانایە لەسەر یارمەتی دان‌و سەرخستنیان. کێن ئەوانەی کە ناهەقیان پێ‌کراوە ؟

(٤٠) ئەو کەسانەن کە بە ناحەق لە ماڵەکانیان دەرکراون‌و هیچ تاوانێکیان نیە جگە لەوەی کە ئەڵێن: پەروەردگارمان اللهیە، بەڵێ ئەبێ ئەو جۆرە جەنگانە لە نێوان سوپای ئیمان‌و کوفر روبدات‌و هێزی الله لەدەستی موسڵمانانەوە دەرکەوێت، چونکە ئەگەر الله هەندێك لە خەڵکی بە هەندێکیتر لەناو نەبردایە هەمو جێگاکانی خوا پەرستی لەناو دەچون‌و دەروخێنران چ دێرەکان بوایە کە خەڵوەتگای تاکە تاکە خواپەرستەکانەو چ کڵێسەکان و چ کەنشتەکان‌و چ مزگەوتەکان بوایە کە لە ناو ئەواندا زۆر ناوی الله ئەبری‌و یادی ئەکرێت، بەدڵنیاییەوە الله یارمەتی ئەوکەسە دەدات کە یارمەتی ئایینی الله دەدات، بەراستی الله زۆر بە توانایەو زاڵ‌وبەدەسەڵاتە. جا ژاتێ ئاوا بێ چۆن سەر ناکەوێ‌و کێ ئەتوانێ بەرانبەری بوەستێت. ئەمە هەم موژدەیەو هەم هەڕەشە، موژدەیە بۆ ئەوانەی کە لەکارو کۆشش‌و جەنگیاندا تەنها مەبەستیان اللهیە با نەترسن‌و دڵنیا بن کە الله یارمەتیان ئەدات، هەڕەشەیە بۆ بێ باوەڕان‌و خوا نەناسان کە هەرچی بکەن هەر شکەست ئەخۆن، چونکە دەرەقەتی هێزی الله نایەن، وە لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوانەی کە بەناوی خواوە جیهاد ئەکەن بەڵام مەبەستیان پاکوخاوێن نیەو جگە لە الله تێکەڵاوی مەبەستیانە، ئەمانەیش الله بەڵێنی یارمەتی‌دانی پێنەداون‌و سەرکەوتنیان نابێ مەگەر بەهۆی ستەمکاری زۆری لایەنەکەی تر یان بە هۆی زۆری هێزو دەسەڵاتیان لە بەرامبەر دوژمنەکەیانەوە یان هەر ئیرادە کەونیەکی‌تری الله، جا پێویستە لەسەر ئەم بەشە ئەگەر باوەڕی بەالله راستە زوو لەو بۆچونە هەڵانە بگەڕێنەوەو پەشیمان ببنەوەو تەنها لەبەر الله بجەنگێن تا بەر یارمەتی ئیرادە شەرعیەکەی الله بکەون. ئینجا وەسفی ئەوانە ئەکات کە باوەڕداری راستن‌و الله یارمەتیان ئەدات‌و ئەفەرموێ:

(٤١) ئەو کەسانەن کە ئەگەر ئیمە جێگیرمان کردن لەزەویدا نوێژ ئەکەن زەکات ئەدەن فرمان ئەدەن بۆ ئەنجامدانی هەمو ئیشێکی چاك‌و بەسود بۆ خەڵك، وەبەرگری ئەکەن لەکاری خراپە، بەڵێ نوێژ کردن‌و زەکات دان‌و فرمان بە چاکە کردن‌و بەرگری لە خراپە کردن وەسفی ئەو کەسانەیە کە الله یارمەتیان ئەدات‌و بەسەر دوژمنانیاندا زاڵ ئەکات، وە هەر بۆ اللهیە سەر ئەنجامی هەموکارێك جا ئەمە بەردی داخنانە بە دڵی کافران‌و بێ باوەڕاندا چی‌ئەکەن بیکەن سەرئەنجام هەر دۆراون،(معروف) بە هەمو کارێك ئەوترێت کە لە روانگەی شەرعەوە پەسەند بێت. (منکر) بە هەر کارێك ئەوترێ کە لە روانگەی شەرعەوە پەسەند نەبێت. ئینجا الله بۆدڵدانەوەی پێغەمبەرو پەیڕەوانی وا باسی هەندێ لە گەلانی پێشو بە کورتی دەکات‌و دەفەرموێ:

(٤٢) ئەگەر ئەو بێ باوەڕانە باوەڕ بە تۆ ناکەن‌و بە درۆت ئەخەنەوە با دڵت ناڕەحەت نەبێ، چونکە ئەمە تەنها بۆ تۆ نەبوە بەڵکو بەراستی پێش ئەوان گەلی نوح‌و "عاد"و "سەمود" پێغەمبەرەکانیان کە نوح‌و هودو صالح بو بە درۆیان خستنەوەو باوەڕیان پێنەکردن.

(٤٣) خۆ گەلی ئیبراهیم‌وگەلی لوتیش،

(٤٤) جا خەڵکی مەدیەنیش کە گەلی شوعەیب بوون، باوەڕیان بە پێغەمبەرەکانیان نەکردو بە درویان خستنەوە خۆ موسایش بە درۆ خرایەوە، جا ماوەم دا بە بێ باوەڕان تا بە ئارەزۆی خۆیان ئەسپی خۆیان لەمەیدانی کوفرو بێ باوەڕیدا تاو دەدەن، پاشان تۆڵەم لێ سەندون جا بزانن نارازی بوونی من ئەوانی بە چ سەر ئەنجامێك گەیاندو چییان بەسەرهات‌و چۆن ئەو نازو نیعمەتەی کە تێیدا بون گۆڕیم بۆ سزاو لەناوچونیان؟ واتە با ئەوانەیش کە باوەڕ بە تۆ ناکەن هەرچی زوتر بە خۆیاندا بێنەوەو دەست لە بێ باوەڕی‌و دژایەتیت هەڵگرن، ئەگینا لە دەستی ئێمە دەرناچن‌و ئاوا سەرئەنجامێکیش چاوەڕێیانە.

(٤٥) جا زۆر وڵاتمان فڕ تێخستوون‌و لەناومان بردوونلەحاڵێکدا کە ستەمکار بوون، جا ئەو وڵاتانە وێران بوون‌و داریان بەسەر بەردەوە نەماوەو بیری بێ‌خاوەن کەلە پێشدا قەرەباڵغ بوون‌و شەڕیان لەسەر دەکرد وا ئیستا دەبینن کە چۆڵ‌و بێ‌خاوەن‌و کۆشکی بەرزو بتەوو سپی‌کراوەیان ئاوا بوون بە وێرانەو کەلاوەی روخاو.

وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ ۚ وَإِنَّ يَوْمًا
عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ وَكَأَيِّن مِّن
قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِىَ ظَالِمَةٌ ثُمَّ أَخَذْتُهَا وَإِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ
﴿٤٨﴾ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَآ أَنَا۠ لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٤٩﴾ فَٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٥٠﴾
وَٱلَّذِينَ سَعَوْا۟ فِىٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ
﴿٥١﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِىٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ
أَلْقَى ٱلشَّيْطَٰنُ فِىٓ أُمْنِيَّتِهِۦ فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلْقِى ٱلشَّيْطَٰنُ
ثُمَّ يُحْكِمُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٢﴾ لِّيَجْعَلَ
مَا يُلْقِى ٱلشَّيْطَٰنُ فِتْنَةً لِّلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْقَاسِيَةِ
قُلُوبُهُمْ ۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَفِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٣﴾ وَلِيَعْلَمَ
ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤْمِنُوا۟ بِهِۦ
فَتُخْبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمْ ۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِلَىٰ صِرَٰطٍ
مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٤﴾ وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى مِرْيَةٍ مِّنْهُ حَتَّىٰ
تَأْتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغْتَةً أَوْ يَأْتِيَهُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَقِيمٍ ﴿٥٥﴾

(٤٦) ئایا نەگەڕاوون بەناوی زەویدا ئەوسا دڵانێکیان هەبێ کە ڕاستی پێ بزانن یان گوێچکەیانێکی بیسەریان هەبێ لەو هەمو قسەو ئامۆژگاریە پەندو ئاموژگاری وەرگرن؟ جا بێگومان ڕاستی ئەوەیە کە ئەوان چاوی سەریان کوێر نیە بەڵام ئەو دڵانەی کە لەناو سینگیاندایە کوێرەو بێئاگایەو پەندو ئامۆژگاری وەرناگرێت.

(٤٧) جا ئەوان هەر بە پەلە داوای هاتنی سزا ئەکەن، چونکە بەلایانەوە ڕاست نیەو نازانن کە ئەوە بەڵێنی ﷲیەو ئەو زاتە هەرگیز پێچەوانەی بەڵێنی خۆی ناکات بەڵکو هەمو بەڵێنەکانی لەکاتی خۆیدا دێتەدیو بێگومان یەك ڕۆژیش لەلای پەروەردگارت وەك هەزار ساڵی ئێوەیە، واتە: ﷲ هەر چەند ماوە بە ستەمکاران و بێباوەڕان بداتو بەلای ئێوەوە زۆر بێ بەڵام لەلای ﷲ وەك ئەندازەی کەمتر لە کاتژمێرێکی ئیوەیە. جا وورد ببنەوە ئەی ستەمکاران.

(٤٨) خۆزۆر وڵات بوون لەگەڵ ئەوەیشدا کە ستەمکار بوون ماوەم پێداوون بەڵام ئەوان لەوماوە پێدانەدا لەجیاتی بە خۆدا هاتنەوەو تەوبەکردن، تاوانو خراپەی زیاتریان کرد، پاشان غەزبم لێ گرتنو تەفروتونام کردن وە گەڕانەوەیش هەر بۆلای منە. واتە: هەرچی ئەبی ببەو هەرچی ئەکەیت بیکەو هەر چەند ئەژیت بژی هەر ئەبێ بێیتەوە بۆ لامو حیسابت لەگەڵدا بکەم،جا خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کە پێش ئەوەی بگات بەو حیسابە خۆی ئامادە ئەکاتو لە هەمو تاوانی پەشیمان ئەبێتەوەو تێشوی چاكوپاك ئامادە بۆ ئەو ڕۆژە تەرخان دەکات.

(٤٩) ئەی محمدﷺبێژە ئەی خەڵکینە من بۆ ئیوە هەر تەنها ترسێنەریكو ڕۆشنکەرەوەیەکم کە لەسزای پاشەڕۆژ ئەتان ترسێنمو هەمو ڕاستوناڕاستێکتان بۆ ڕۆشن ئەکەمەوە.

(٥٠) جا ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو ئیشی چاکیان کردوە بۆ ئەوانە هەم لێخۆشبونو هەم ڕزقو ڕۆزیەکی بەڕێزو شەرافەتمەندانە هەیە.

(٥١) ئەوسا ئەوانەی کە هەوڵیان داوە دژایەتی نیشانەکانی ئێمە بکەنو پێیان وابوە کە دشتوانن بە ڕاستی ئەمانە زۆر لە هەڵەدا بوونو بەدەستی خۆیان ماڵی خۆیانیان ڕماند، چونکە ئەوانە دۆزەخینو تەنها دۆستو یاری ئەوان ئاگری جهەنمەو ئەبێ لەوێدا بۆ هەمیشە جێگیر ببن.

(٥٢) پێش تۆ هیچ ڕەسولو نەبییەکمان ڕەوانە نەکردوە مەگەر هەر کاتێ ئاواتی خواست بێت شەیتان شتێکی هاوێشتوەتە ناو ئارەزۆکەی، جا چونکە ئەمانە نمایندەو نوێنەری ﷲ بوون، ﷲ ئەوانی پاراستوە لەو بەشە شەیتانیەو ئاگاداری کردونەتەوە لێی، ئەوسا ﷲ ئەوەی کە شەیتان فڕەی داوەتە ناو ئاواتەکانیەوە لای بردوەو پاشان نیشانەکانی خۆی پتەوو بەهێز کردەوە و ﷲ زاناو کار بەجێیە. ﷲ ماوەی بەپێغەمبەرانی داوە کە ئیجتهاد بکەن هەر وەك بەهەمو زانایان ئەو ماوە دراوە بەڵام پێغەمبەران لەم ئیجتهادانەدا وەك خەڵکی تر نین، چونکە ئەوان ئوسوەو چاولێکروا بون بۆ خەڵكو پێویستە لە هەمو بڕیارێکیاندا گوێڕایەڵییان لێ بکرێت، جا هەر کاتێك لە ئیجتهادێکدا نەیان پێکا بێت ﷲ زووبەزوو ئاگاداری کردونەتەوەو بۆیانی ڕاست کردوەتەوەو نەیهێڵاوە کە لە سەر ئەوە بیمێنێنەوە، جا ئەم بەشەیە بووە بە هۆی تاقیکردنەوەی خەڵك ئەوسا باوەڕداری ڕاستەقینە باوەڕیان

ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٥٦﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴿٥٧﴾
وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ قُتِلُوٓاْ أَوۡ مَاتُواْ
لَيَرۡزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزۡقًا حَسَنٗاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ خَيۡرُ
ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿٥٨﴾ لَيُدۡخِلَنَّهُم مُّدۡخَلٗا يَرۡضَوۡنَهُۥۗ وَإِنَّ
ٱللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٞ ﴿٥٩﴾ ۞ ذَٰلِكَۖ وَمَنۡ عَاقَبَ بِمِثۡلِ
مَا عُوقِبَ بِهِۦ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيۡهِ لَيَنصُرَنَّهُ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ
لَعَفُوٌّ غَفُورٞ ﴿٦٠﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي
ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ
﴿٦١﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ مِن
دُونِهِۦ هُوَ ٱلۡبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٦٢﴾
أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَتُصۡبِحُ ٱلۡأَرۡضُ
مُخۡضَرَّةًۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ ﴿٦٣﴾ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ﴿٦٤﴾

پێهێناوەو ئەو راستکردنەوەیشیان بە حەق‌و راست زانیوە، بەڵام دووروان‌و دڵبەزیوان‌و ساختەچیان زۆر جار ئەمەیان بە فرسەت زانیوە بۆ دژایەتی‌و بۆ بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرﷺ، بارمتە وەرگرتنی پێغەمبەرﷺلە دیلەکانی "بەدر"و پشت هەڵچەرخاندنی لەو کوێرەی کە پرسیاری لێکرد کە باسی لە سورەتی (عەبەسە)دا هاتوە نمونەی ئەوئیجتهادا نە بووە کە ﷲ رەخنەی توندی لێگرتووەو بۆی راستکردوەتەوە، وە ئەم ئایەتانەش نمونەیەکن لەم بابەتە، پێغەمبەرﷺئەوندە ئاوات‌و ئارەزۆی موسڵمان بوونی گەلەکەی هەبو کە هەندێ جار ئەهات بە دڵیا کەمێك نەرمی‌و بێدەنگی بەرامبەر بە بتەکانیان بنوێنێت تا بەڵکو بەرەو ئایینی ئیسلام بیان کێشێت‌و موسڵمان ببن بەڵام ﷲ لۆمەی دەکات‌و دەفەرموێ: ﴿ وَلَوۡلَآ أَن ثَبَّتۡنَٰكَ لَقَدۡ كِدتَّ تَرۡكَنُ إِلَيۡهِمۡ شَيۡـٔٗا قَلِيلًا ﴾ الإسراء: ٧٤/ بەراستی ئەگەر ئیمە تۆمان بتەوو دامەزاو نەکردایە نزیك بو کە مەیلی دڵ بکەیت بۆلایان. جا دەگونجێت شەیتان لەوکاتانەدا خۆی تێهەڵقورتانبێت‌و ئاواتی خۆی بە گوێی کافراندا دابێت بەبێ ئەوەی کە پێغەمبەرﷺئاگای لێ بێت بەڵام ﷲی زاناو کاربە جێ نیشانەکانی خۆی بۆ پێغەمبەرەکەی رەوانە کردوەو فڕوفێڵی شەیتان وشەیتان سیفەتانی هەڵوەشاندوەتەوە. جا سوودی ئەم جۆرە رواداوانە چییە؟

﴿٥٣﴾ تا ﷲ ئەوەی کە شەیتان خستویەتیە ناو ئاوات‌و ئارەزۆکانی ئەوانەوە بیکات بە تاقیکاری‌و بەڵایەك بۆ ئەوکەسانەی کە لە ناودڵیاندا نخۆشی کوفرو دوودڵی هەیە، وە بۆ دڵرەقانیش. جا بێگومان ستەمکاران لەو پەڕی خراپی‌و کەللە رەقیدان لە دژایەتی ﷲو ئایین‌و پێغەمبەرەکەیداﷺ.

﴿٥٤﴾ جا تا ئەوانەی کە خاوەنی زانیارین بزانن کە بێگومان ئەم قورئانە راستەو لەلایەن پەروەردگارتەوەیە ئەوسا باوەڕی پێ ئەکەن، خۆ ئیتر دڵیان بۆی گەردن کەچ‌و رام دەبێت، جا بێگومان ﷲ ئەو کەسانەی کە باوەڕی راستیان هێناوە رینماییان ئەکات بۆ رێگای راست، ئەو رێگایەی کە مرۆڤ ئەگەیەنێ بە رەزامەندی ﷲو بەهەشتی هەتاهەتایی کە پەیڕەوی ئەم قورئانەو شارەزا بونە لەم ئایینە.

﴿٥٥﴾ ئەوسا ئەوانەی کە بێ باوەڕبوون هەروا بە گومانن لەو قورئانە تا قیامەت یان تا ئەو کاتەی کە سزای رۆژی لەناوچون‌و بێ‌خەیر یەخەیان ئەگرێت ئەو کاتە بە هۆش دێنەوەو دڵنیا دەبن کە ئەم قورئانە راستە بەڵام ئەو هۆشیار کردنەوە تازە چ سودێکیان پێدەگەیەنێت؟

﴿٥٦﴾ دەسەڵات‌و موڵك لەو رۆژەدا تەنها بۆ ﷲ یەو لە نێوانیاندا بڕیار ئەدات، جا ئەوانەی کە باوەڕی راستیان هیناوەو کاری چاکیان کردوە لەناو باغەکانی نازو نیعمەتدا کەیفخۆش‌و شادمانن.

﴿٥٧﴾خۆ ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون‌و نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ ئەخستەوە ئەمڕۆ ئەوانن کە سزایەکی زەبون کەرو ئابڕوبەریان بۆ هەیە. لەئایەتی پەنجاودوو تا ئێرە قسەو قاڵەی زۆری لە سەر کراوەو داستانی غەرانیق ئەم دیو ئەودیو کراوە، هەندێك بەراستی نازانن لەوانە(فخري رازي، قرطبي، في ظلال، روح‌المعاني، كشف الاسرار و نصب المجانيق

لسف قصة الغرانيق) هەندیکیش بە راستی ئەزانن بەلام ئەوانیش لە سەر چونیەتیەکەی ناکۆکن، جا ئەو قسەیەی ئەشێ بۆ باس کردنو رێی تێدەچێت ئەوەیە کە لە کاتی خوێندنەوەی سورەتی (نەجم) لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ ئەو خەڵکەی دانیشت بون لە باوەڕدارو کافر کاتێ کە پێغەمبەر ﷺ سەرزەنشتی کردنو بتەکانی بە سوك ناو بردن وچانێکیدا شەیتان لە سەر شێوەی دەنگی پێغەمبەر تاریفی بتەکانی کردو وتی : ئەو بتانە باڵندە گەلێکی بەرزو تیژ فڕنو بێگومان شەفاعەتو تکاکاریان جێگای ئومێدە. جا بێ باوەڕان ئەمەیان بیست وتیان محمد تاریفی بتەکانی ئێمەی کردوەو بەمە شادمانو کەیفخۆش بوونو لەکۆتایی سورەتەکەدا کاتێ کە پێغەمبەر ﷺ سوجدەی بردووە موسڵمانو بت پەرست هەمویان سوجدەیان بردووە، جا وا بڵاوبویەوە کە محمد ﷺ و قورەیش ڕێکەوتون تەنانەت ئەم دەنگوباسە بە حەبەشەیش گەیشتو کۆمەڵێك لەکوچکەرانی حەبەشە هاتنەوە بۆ مەکە بەلام کە گەیشتنە مەکە دییان ئەو دەنگوباسە بەو شێوەیە نەبوە، لە راستیدا ئەم روداوی "غەرانیق"ـە سابت نەبوە ئەگەر سابتیش بێت وەك هەندێ وتویانە ناگونجێت کە بە دەمی پێغەمبەردا ﷺ ئەو وشانە هات بێت وە ئەوەی کە دەگونجێت ئەوە بو کە باسمان لێکرد بێگومان هەر مرۆڤێکی ژیرو زانا تەماشای ئایەتەکانی سورەتی (نەجم) بکات کە سەراپا سوکیو بێنرخی کردنە بە بتەکان دەزانێت ئەو تاریفە لە زمانی پێغەمبەرەوە ﷺ نەبوەو ناگونجێ. والله اعلم. ئینجا پەروەردگار باسی ئەو کەسانەوە ئەکات کە لە بەر خاتری ﷲ جێگاو وڵاتی خۆیان بە جێ هێشتوەو ئەفەرموێ:

(٥٨) جا ئەوانەی کە لە ڕێگای ﷲدا کۆچیان کردووەو وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتوە پاشان بکوژرێن یان بمرن هیچ جیاوازی نیە بە راستی ﷲ رۆزیان پێ ئەدات بەرۆزییەکی جوان چونکە ئەوان بۆ خوا وازیان لە ژیانی خۆشو وڵاتی خۆیان هێناوە خۆ بێگومان هەرﷲیشە چاکترینی رۆزیدەرەکانە، جا چۆن دەگونجێ بۆ ئەم زاتە دۆستانی خۆی بێ بەش بکات؟ سەرەرای ئەوەش ،

(٥٩) بە دڵنیاییەوە ئەیانباتە جێگایەکیشەوە کە خۆیان پێی رازی دەبن، بێگومان کەﷲ هەر زۆر زانایە بەکارو کۆششی بەندەکانی لە چاكو خراپ، بە حەوسەڵەیە بۆیە پەلە ناکات لە تۆڵە سەندنەوە، ئەگەر چی ئەو زاتە زۆر بەچاکی دەزانێت کە بەندەکانی چی دەکەن بەلام بە حەوسەڵەیە بۆ تۆڵەسەندنەوە، پاكو بێ گەردی هەر بۆ ﷲیە لەو حەوسەڵە گەورەییەی پاش ئەو زانیاریە وردەی.

(٦٠) بڕیاری ﷲ ئاوەهایە، وە هەر کەسێك تۆڵەی خۆی بسێنێتەوە بەو شێوەی کە ستەمی لێکراوە پاشان دەست درێژی کرایە سەری بەراستی ﷲ یارمەتی ئەو کەسە ئەدات، بێگومان ﷲ زۆر چاوپۆشیکەرەو تاوان بەخشە، جا ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەبێ دەسەڵاتداران تۆڵە وەرگرنەوە بۆستەم لێکراوانو پشتگوێیان نەخەن.

(٦١) ئەوە بڕیاری ﷲ یە کە باسکرا و ئەو هەرچی بییەوێت دەیکات، چونکە بێگومان هەر ﷲ یە کە شەو ئەخاتە ناو رۆژو رۆژ ئەخاتە ناو شەوەوەو بە گوێرەی پێویستی خەڵك زیادو کەمیان ئەکات خۆ بێگومان خوا بیسەری هەمو قسەکانە ئاشکرا بێت یان شاراوەو بینەری هەمو کردارەکانە لە هەر کوێدا بکرێت شەو بێ یان رۆژ.

(٦٢) ئەوەیە بڕیارو هێزی ﷲ چونکە هەر ﷲیە پەرستراوی حەقو راست، وە ئەوەی کە ئێوە بێجگە لەو دەیپەرستن پڕوپوچو بێ کەڵکنو پەرستنیشیان بێسودە خۆ بێگومان هەر خۆیەتی باڵا دەستو گەورە، جا بۆ بەڵگەیەك لە سەر باڵا دەستیو گەورەیی ئەفەرموێ:

(٦٣) ئەی نەت دیوە کە بێگومان ﷲ لە ئاسمانەوە ئاوی ناردو ئەوسا زەوی بە هۆی ئەوەوە سەوز بو؟ بێگومان کە ﷲ وردبینەو ئاگادارە بەسەر هەمو شتێکدا.

(٦٤) ئەوەی لە ئاسمانانو زەویدایە هەموی موڵکی ئەوە ئەوسا بێگومان کە ﷲ خۆی لە هەمو شت بێ نیازەو هەمیشەسوپاس دەکرێت.

(٦٥) ئایا نابینی کە ﷲ ئەوەی کە لەناو زەویدایە دەستەمۆو رامی کردوە بۆتان، تا هەر شتێك بە گوێری خۆی سودی لێ وەربگرن، وە تۆ نابینیت ئەو کەشتیە گەورەو بار

أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ وَٱلْفُلْكَ تَجْرِي فِي ٱلْبَحْرِ
بِأَمْرِهِۦ وَيُمْسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِۦٓۚ إِنَّ
ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ٦٥ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَحْيَاكُمْ
ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْۗ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَكَفُورٞ ٦٦
لِّكُلِّ أُمَّةٖ جَعَلْنَا مَنسَكًا هُمْ نَاسِكُوهُۖ فَلَا يُنَٰزِعُنَّكَ
فِي ٱلْأَمْرِۚ وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَۖ إِنَّكَ لَعَلَىٰ هُدٗى مُّسْتَقِيمٖ ٦٧
وَإِن جَٰدَلُوكَ فَقُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ ٦٨ ٱللَّهُ يَحْكُمُ
بَيْنَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ٦٩
أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِۚ إِنَّ ذَٰلِكَ
فِي كِتَٰبٍۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧٠ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ
ٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنٗا وَمَا لَيْسَ لَهُم بِهِۦ عِلْمٞۗ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ
مِن نَّصِيرٖ ٧١ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٖ تَعْرِفُ فِي
وُجُوهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلْمُنكَرَۖ يَكَادُونَ يَسْطُونَ
بِٱلَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَاۗ قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرّٖ مِّن
ذَٰلِكُمُۗ ٱلنَّارُ وَعَدَهَا ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ٧٢

قورسانەی بۆ رام کردون کە بە فرمانی خۆی هێزێکی وای لەناو ئەو دەریادا داناوە کە راگیری بکات‌و بەئاسانی هاتو چۆی تێدا بکات، وە ئەم ئاسمانەی راگرتوە کە بەسەر زەویدا نەکەوێت مەگەر خۆی رێیی پێ بدات، بێگومان الله سەبارەت بە خەڵك زۆر دڵسۆزو بە رەحمە هەرچەند کە ئەوان ستەمکارن.

(٦٦) ئەوسا هەر خۆیەتی کە ژیانی پێداون‌و ئەتان ژێنێ پاشان ئەتان مرێنێ‌و کەس ناتوانێ رێگای لێ بگرێت، پاش ئەوەیش زیندوتان ئەکاتەوە بۆ پاداش‌و سزای ئەوەی کە کردوتانە بەراستی مرۆڤ زۆر خوانەناس‌و ناسوپاس‌و سپڵەیە‌و ئەو هەمو نازو نیعمەتانەی لەبەر چاو نیەو لەباتی مەدح‌و سوپاسی الله دژایەتی‌و کوفری ئەکات.

(٦٧) بۆ هەمو گەل‌و زەمانێك یاساو بەرنامەیەکمان داناوە کە ئەوان ئەبێ بەو شێوە رەفتار بکەن. واتە ئەم بەرنامەی تۆ شتێکی بێ وێنەو داهاتو نیە، بەڵکو درێژەی بەرنامەی گەلانی پێشوە، دەی با ئەوان لەم کارەدا بگرەو بەردەت لەگەل دا نەکەن‌و بەڵکو ژیربن‌و دان بەراستی‌دا بنێن وە تۆ ئەی محمدﷺ بەرەوە پەروەردگاری خۆت بانگ بکە ئەوانیش چی دەڵێن با بڵێن بەراستی تۆ لە سەر رێنمای‌و رێگای راستیت.

(٦٨) جا ئەگەر دەمەقاڵەیان لەگەل دا کردیت لە سەر ئەو یاساو بەرنامەیانەی کە بۆمان داناون تۆ خۆگرو لێبوردەبە، جا تۆ بڵێ: الله زاناترە لە خۆیشتان بەوکارو رەفتارانەی کە ئەیکەن دەرحەق بەمن.

(٦٩) جاالله لە رۆژی قیامەتدا لە بارەی ئەوەی کە ئێوە کێشەتان تێدا هەیە بڕیار ئەدات لە نیوانتانداو راست‌و ناراستتان بۆ دەر ئەخات. دیارە الله بۆ هەمو ئومەتانی پێشو بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامێکی تایبەت‌و گونجاو بۆ کاتی خۆیانی ناردوە، ئەگەر چی لە ئەسڵ‌و بنەمادا هەمویان وەك یەکن‌و گۆڕانکاری تێدا نەکراوە ئەمە جێی رەخنەگرتن نیە، بەڵام کەسانێك هەن کە ئەگەر چی لەگەڵ ئەسڵی پەیامی پێغەمبەرﷺ کێشەیان هەیەو باوەڕیان پێی نیە، ئەیانەوێت بە عەقڵی کورتی خۆیان رەخنە لە ئەحکامە شەرعیەکان بگرن وەك ئەوەی کە ئەڵێن: کڕین‌و فرۆشتن هەروەك سوو (الربا) وایە، جا ئەگەر سو حەرام بێت ئەبێ کڕین‌و فرۆشتنیش حەرام بێت، جا ئەم ئایەتانە ئەوەمان تێدەگەیەنێت کە ئەبێت پێش هەمو شتێك ئەمانە بۆ رێگای الله‌و باوەڕ هێنان بە ئەسڵی پەیامی پێغەمبەرﷺ بانگ بکرێن، جا ئەگەر باوەڕیان هێنا ئەوسا کێشە نامێنێت، چونکە بۆچونی باوەڕدار وایە کە ئەوەی پێغەمبەرﷺ وتویەتی هەمووی لە لایەن زاتێکەوەیە کە هەمو بڕیارەکانی حەق‌و بەجێیە بەڵام ئەگەر باوەڕیان نەهێنا ئێوە خۆتان بە کێشەو دەمەقاڵە کردن لە گەل ئەواندا سەرقاڵ مەکەن، چونکە ئەمانە لەم دەمەقاڵەدا ئاماجیان ئەوە نیە کە حەق‌و راستیان بۆ دەرکەوێت، چونکە ئەگەر مەبەستیان دۆزینەوەی حەق بوایە لە ئەسڵ‌و بناغەی پەیامەکەوە دەستیان پێدەکرد، هەروەها ئەوەیشمان تێدەگەیەنێت کە دەمەقاڵە کردن وەسفێکی پەسەند کراو نیە بۆیە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: { أَنَا زَعِيمٌ بِبَيْتٍ فِي رَبَضِ الْجَنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ الْمِرَاءَ وَإِنْ كَانَ مُحِقًّا وَبِبَيْتٍ فِي وَسَطِ الْجَنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ
تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُوا۟ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُوا۟ لَهُۥ ۖ
وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ۚ ضَعُفَ
ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴿٧٣﴾ مَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ۗ إِنَّ
ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٧٤﴾ ٱللَّهُ يَصْطَفِى مِنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ
رُسُلًا وَمِنَ ٱلنَّاسِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴿٧٥﴾ يَعْلَمُ
مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴿٧٦﴾
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱرْكَعُوا۟ وَٱسْجُدُوا۟ وَٱعْبُدُوا۟
رَبَّكُمْ وَٱفْعَلُوا۟ ٱلْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ۩ ﴿٧٧﴾
وَجَٰهِدُوا۟ فِى ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦ ۚ هُوَ ٱجْتَبَىٰكُمْ وَمَا جَعَلَ
عَلَيْكُمْ فِى ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَٰهِيمَ ۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ
ٱلْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِى هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ
وَتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ ۚ فَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ
وَٱعْتَصِمُوا۟ بِٱللَّهِ هُوَ مَوْلَىٰكُمْ ۖ فَنِعْمَ ٱلْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ ٱلنَّصِيرُ ﴿٧٨﴾

سُورَةُ المؤمنون ٢٣ ١١٨

الْكَذِبَ وَإِنْ كَانَ مَازِحًا وَبِبَيْتٍ فِي أَعْلَى الْجَنَّةِ لِمَنْ حَسَّنَ خُلُقَهُ/ واتە: من زەمانەتی ماڵێك دەكەم لە داوێنی بەهەشتەوە بۆ ئەوكەسەی كە وازبهێنێت لە دەمەقاڵە ئەگەرچی قسەكەیشی ڕاست بێت، وە ماڵێك لە ناوەڕاستی بەهەشتدا بۆ كەسێك كە واز لە درۆ بهێنێت ئەگەرچی بە شۆخیش بێت، وە ماڵێك لە لای سەروی بەهەشتدا بۆ ئەوكەسەی كە ڕەوشتی خۆی جوان كردوە}

(٧٠) ئایا تۆ نازانی كە بە ڕاستی ﷲ ئەوەی كە لە ئاسمان‌و زەویدایە ئەیزانێ؟ بێگومان ئەوەش هەموی تۆماركراوە لەناو كتێب دا بێگومان ئەوەیش لەلای ﷲ ئاسانە،

(٧١) خۆ موشریكان جگە لە ﷲ شتێك ئەپەرستن كە پەروەردگار هیچ بەڵگەیەكی لەسەر ڕاستی ئەو ڕەوانە نەكردوەو هیچ زانیارییەكیشان لەو بارەیەوە نییە، دەی ئەو جۆرە پەرەستنە جگە لە نەفامی ئەبێ چی بێت؟ كەواتە ئەوانە ناحەقیكارو ستەمكارن جا بۆ ئەو ستەمكارانە هیچ یارمەتی دەرێك نییە كە بیانپارێزێ لە سزای ﷲ . بەڵی ئەم بێباوەڕو گەوجانە هەرگیز پێیان خۆش نیە نیشانەكانی خوا ببینن‌و شەیتان سواری شانیان بوەو ڕەوای لە لا كردوون بە ناڕەواو ناڕەوایشی لا كردون بەڕەوا و سەری لێ تێكداون.

(٧٢) خۆ هەر كاتێك ئایەتە ڕۆشنكەرەوەكانی ئیمەیان بە سەردا بخوێنرێتەوە تۆ هەر بە چرو چاوی ئەو بێباوەڕانەدا بێ زاری‌و رقی ئەوانت لەم ئایینە بۆ دەردەكەوێت، بەڵكو لەو كاتەدا ها خەریكن هێرش بكەنە سەر ئەو كەسانەی كە ئایەتەكانی ئیمەیان بەسەردا دەخوێننەوە، ئەی محمدﷺ بەوانە بێژە: ئایا هەواڵتان پێبدەم بە شتێك خراپتر لەو ڕق‌و قینەی ئێوە؟ ئەو ئاگرە سەخت‌و دژوارەیە كە ﷲ بەڵێنی پێداوە بۆ ئەوانەی كە بێ باوەڕ بوون كە زۆر گەورەو بە ئێش‌و ئازارترە لەو كارانەی كە ئەوان دژی باوەڕداران دەیان كرد. جا ئا ئەمەیە سەر ئەنجامی پیس‌و بەد فەڕ، ئینجا ﷲ باسی لاوازی ئەو پەرستراوانەو گێلی بەندەكانیان دەكات‌و دەفەرموێ:

(٧٣) ئەی خەڵكینە نمونەو پەندێك هێنراوە، جا باش گوێی لێ ڕابگرن تا خوا تاشراوو درۆزنە كانتان چاك بناسن، بێگومان ئەوانەی كە ئێوە جگە لە ﷲ هانایان بۆ ئەبەن‌و ئەیانپەرستن، ئەگەر هەمویشیان كۆ ببنەوە هەرگیز مێشێكیان پێ دروست ناكرێت، جا نەك هەرگیز پێیان دروست ناكرێت بەڵكو ئەوەندە بێ نرخ‌و لاوازن ئەگەر مێشێك شتێكیان لێ بفڕێنێ ناتوانن لێی بسێننەوە. ئای داوا كار كە پەرەستراوە ناحەقەكانن‌و داوا كراو كە مێشەكەیە، چەند لاوازو بێ هێزن، دەی پەرستراوانێك كە بە هەمو یانەوە نەتوان مێشێك دروست بكەن وەیان دەرەقەتی مێشێك نایەن چۆن چاوەڕوانی شەفاعەت‌و تكاكاریان لێ دەكرێت، دەی ئامۆژگاری لەمە گرنگتر كوا؟ بۆ بیر ناكەنەوەو دەست لەخەرافات‌و خوایانی تاشراو هەڵگرن‌و ڕوكەنەوە پەروەردگاری جیهان خۆ هەرچی بكەن هەردەچنەوە بەردەستی؟

(٧٤) ئەوانە ﷲیان بەو شێوەی كە شیاوو پێویست بێ نەناسیوەو ڕێزیان بۆ دانەناوە بێگومان كە ﷲ ئەوپەڕی تواناو دەسڵاتی هەیەو هەمیشە سەركەوتوەو هیچ شتێك بە سەریدا زاڵ نابێت.

(٧٥) اللّٰه لە ناوفریشتەکانو لە ناوخەڵکدا نمایندەو نێراوانی خۆی هەڵدەبژێرێ بێگومان کە اللّٰه زۆر بیسەروبینەرە، هیچ دەنگێك نیە کە نەیبیسێو هیچ شتێك نیە کە نەیبینێ.

(٧٦) ئەو زاتە بەوەی کە ئیستا لەبەردەمیاندایە لەخۆشیو ناخۆشی لەچاكو خراپ و بەوەیش کە لەمەولا پێی دەگەن دەزانێ ئەوسا هەر بۆلای اللّٰه حەواڵە دەکرێنەوە.

(٧٧) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە گەردن کەچ بنو سوجدە بەرنو پەروەردگارتان بپەرستنو ئیشی چاك بکەن بۆ ئەوەی سەر کەوتو رزگار ببن لە دنیاو لە پاشە رۆژدا.

(٧٨) جیهاد بکەن لە ریگەی اللّٰهدا بەو شێوەیەی کە شایەستەی ئەو زاتەیە کە ئەو ئێوەی هەڵبژاردوە بۆ ئەم ئاینەو کردونی بە هەڵگرانی راستەقینەیو هیچ شتێکی سەختی لەم ئاینەدا لەسەر ئێوە دانەناوە، پەیرەوی ئاینی باوکی خۆتان ئیبراهیم بکەنو هەڵگری ئاڵای یەکتاپەرستیبن وەك باوکتان ئیبراهیم، ئەو زاتە لە پێش قورئانو لەم قورئانەیشدا ناوی ئێوەی بە موسڵمان بردوە تا پێغەمبەر ﷺ شایەت بێت لە سەر ئێوە، جا ئێوەش شایەت بن لەسەر خەڵك، دەی ئێوە نوێژ بکەنو زکات بدەنو دەست بە ئایینی اللّٰهوە بگرنو بەراستی بچەسپێن پێیەوە هەر ئەو زاتەیە دۆستی ئێوە ئای چ دۆستێکی بەهێزەو چ یارمەتی دەرێکی هەرگیز نەشکاو.

لێرەدا فەرموی لە ئاییندا سەختیو گرانی نیە بەڵام ئەمە بەو مانا نیە کە لە ئایندا هیچ ناڕەحەتیەك نیە بەڵکو مانای ئەوەیە کە کارەکانی ئایینی هەموی بە سودی باوەڕدارەو ئەنجامدانیان لە چاو پاداشە زۆرو نەبڕاوەکانیدا هەر چەند قورسیش بن وەزنو ناڕەحەتیەکیان نیە، ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکیترەوە ئەنجام نەدانی فرمانەکانی ئایین ئەوەندە سزاکەی زۆرو نەبڕاوەیە ئەنجامدانیان هەرچەند سەخت بێ زۆر ئاسانە لە چاو ئەو سزا زۆروگەورەو نەبڕاوەدا لە روویەکی ترەوە داواکارییەکانی ئایین بە ئەندازەی توانایی مرۆڤەو هیچی لە توانا بەدەری تێدا نیەو نابێ، ئەمە گرنگەو چاکی وەرگرە بۆ شوێنەکانی تری لەم بابەتە، بەڵێ ئەم ئایینە بەئیسلامو پەیڕەوانی بەموسڵمان ناونراوە واتە: بەکەسێك ئەوترێت موسڵمانە کە خۆی بەتەواوی دابێتە دەستاللّٰهو گوێ رایەڵومل کەچی فرمانەکانی بێت لە هەر کوێدا بێو هەر رەنگوزمانێکی هەبێت ئەگەر وانەبو بە پەیڕەوی ئەم ئاینە دانانرێت هەر کەسێك بێو لە هەر کوێدا بێو هەرجۆرە رەنگ‌وزمانێکی هەبێت،وە بەناوی تیرەوو نەژادو وڵاتو پیغەمبەرەوە ناو نەنراوە.

(٢٣) سورەتی موئمینون (١١٨)

سورەتی موئمینون بیست‌وسێ هەمین سورەتی قورئانەو سەدوهەژدە یان نۆزدە ئایەتە، لەسەر رای ئەوانەی کە لەسەر ﴿وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ﴾ئایەتی چل‌وپێنج وەستاون کە بەسریەکانن سەدونۆزدەیە وە ئەوانەیش کە لەسەری نەوەستاون کە کوفیەکانن سەدو هەژدەیەو قسەی هەمو لەسەر ئەوەیە کە لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە. عەبدوڵای کوڕی سائیب ﷺ دەگێڕێتەوە کە { حَضَرْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَوْمَ الْفَتْحِ فَصَلَّى فِي قُبُلِ الْكَعْبَةِ فَخَلَعَ نَعْلَيْهِ فَوَضَعَهُمَا عَنْ يَسَارِهِ فَافْتَتَحَ بِسُورَةِ الْمُؤْمِنِينَ فَلَمَّا جَاءَ ذِكْرُ مُوسَى أَوْ عِيسَى عَلَيْهِمَا السَّلَام أَخَذَتْهُ سَعْلَةٌ فَرَكَعَ/النسائي، صححه الألباني/ لە گەڵ پێغەمبەردا ﷺ رۆژی فەتحی مەکە ئامادەبوم جا پێغەمبەرﷺ لەبەردەمی کەعبەدا نوێژی خوێند، هەردوو نەعلەکەی لە پێ کەندو لە لای چەپیەوە داینان، ئەوسا دەستی بە خوێندنی سورەتی موئمینون کرد جاکاتێك کە گەیشت بە باسی موسا یان عیسا کۆکە گرتیو لەبەر ئەوە چو بە رکوعدا} وتراوە ئەم سورەتە بەگوێرەی دابەزین سورەتی حەفتاو شەشەمەو پاش سورەتی (الطور) و پێش (الملك) دابەزیوەو بەباس کردنی سیفەتەکانی باوەڕداری راستەقینە دەست پێدەکات، لە کۆتای سورەتی پێشو کە سورەتی حەجە فەرمان بەچاکە کردن دراو فەرموی: ﴿وَٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمْ وَٱفْعَلُوا۟ ٱلْخَيْرَ﴾ الحج: ٧٧ .جا لێرەشدا بەدرێژە باس لەو چاکانەدەکات.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ٢
وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ ٣ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِلزَّكَوٰةِ
فَٰعِلُونَ ٤ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ٥ إِلَّا عَلَىٰٓ
أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ ٦
فَمَنِ ٱبۡتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ ٧ وَٱلَّذِينَ هُمۡ
لِأَمَٰنَٰتِهِمۡ وَعَهۡدِهِمۡ رَٰعُونَ ٨ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمۡ
يُحَافِظُونَ ٩ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ١٠ ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ
ٱلۡفِرۡدَوۡسَ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ١١ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن
سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ ١٢ ثُمَّ جَعَلۡنَٰهُ نُطۡفَةٗ فِي قَرَارٖ مَّكِينٖ ١٣ ثُمَّ
خَلَقۡنَا ٱلنُّطۡفَةَ عَلَقَةٗ فَخَلَقۡنَا ٱلۡعَلَقَةَ مُضۡغَةٗ فَخَلَقۡنَا
ٱلۡمُضۡغَةَ عِظَٰمٗا فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا
ءَاخَرَۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ ١٤ ثُمَّ إِنَّكُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ
لَمَيِّتُونَ ١٥ ثُمَّ إِنَّكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ تُبۡعَثُونَ ١٦ وَلَقَدۡ
خَلَقۡنَا فَوۡقَكُمۡ سَبۡعَ طَرَآئِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلۡخَلۡقِ غَٰفِلِينَ ١٧

بەناوی الله ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) بەراستی باوەڕداران سەرکەوتو رزگارن. جا لێرەدا چەند وەسفێکی ئەو باوەڕدارە سەرکەوتوانە باس دەکات و دەفەرموێ:

(٢) ئەو کەسانەن کە لەناو نوێژەکانیاندا خۆ یان بە کەم دەگرن‌و بە دڵەوە بە نوێژەکەوە خەریکن‌و خۆیان بە شتی ترەوە خەریك ناکەن، واتە: خشوع هەم کاری دڵەو هەم کاری ئەندام.

(٣) جا ئەوکەسانەن کە خۆیان لە قسەی پڕوپوچ‌و نابەجێ دور دەگرن‌و خۆیان تێکەڵاوی ئەو کەسە خراپانە ناکەن، واتە: رەوشت بەرزن.

(٤) جا ئەو کەسانەن کە زەکات دەدەن، واتە: لە ماڵەکانیان مافی (اللهِ)و خەڵکیان هەمیشە لەبیرەو کەم تەر خەمی تێدا ناکەن، واتە: زۆر لە خواترس ومرۆڤ دۆست‌و خێر خوازن.

(٥) وە ئەو کەسانەن کە بە چاکی شەرمگەی خۆیان دەپارێزن لەکاری پیس‌و بێ شەرعی،

(٦) مەگەر لەگەڵ هاوسەرانی خۆیان یان ئەوکەنیزانەی کە موڵکی خۆیانن، جا بێگومان ئەوانە لەسەر تێکەڵاویی ئەم دووبەشە سەرزەنشت ناکرێن، چونکە کارێکی شەرعی‌و رەوایە بۆیان بەڵکو پاداشتیش دەدرێنەوە.

(٧) ئەوسا هەر کەسێك شەرمگەی خۆی بۆ جگە لەو دوو رێگا شەرعیە بەکار بهێنێت ئەوانە دەستدرێژیکەرو لە یاسا دەرچوون، کەوا بوو هەر کەس زینا بکات یان نێرباز بێت یان دەستپەڕی بکات وە یان لەکۆمەوە یان لەکاتی عادەی مانگانەوە یان کاتی پاش منداڵ بوون لە گەڵ خێزانیدا نزیکی بکات ئەو کەسە تاوانبارەو لە یاسا دەرچووە.

(٨) پاشان پەروەردگار لە وەسفی باوەڕداراندا دەفەرموێ: جا ئەوانەن کە پارێزەری ئەمانەتەکانیان‌و بەڵێنەکانیانن، نە خیانەت لە ئەمانەت دەکەن ونە بەڵێن دەشکێنن واتە ئەو دوو وەسفەی دووڕوەکانیان تێدا نیە.

(٩) خۆ ئەوانەیشن کە نوێژەکانیان دەپارێزن‌و هەریەکەی لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدەن، جا نوێژ ئەوەندە گرنگە کە (اللهُ) دووجارلێرەلە وەسفی باوەڕداراندا هێناویەتی جاری یەکەم لەبارەی خشوعەوەیە جاری دووهەم کەئێرەیە لە بارەی پارێزگاری لە سەری نوێژو کاتەکانیەتی.بەڵێ، نوێژ زۆر گرنگە چونکە هێڵی پەیوەندی راستەو خۆی باوەڕدارە بە پەروەردگاری خۆی‌و جێگای رازو نیازیەتی.

(١٠) ئەوانەن میراتگران. پێغەمبەرﷺ دەفەموێ: {مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ لَهُ مَنْزِلاَنِ مَنْزِلٌ فِي الْجَنَّةِ وَمَنْزِلٌ فِي النَّارِ فَإِذَا مَاتَ فَدَخَلَ النَّارَ وَرِثَ أَهْلُ الْجَنَّةِ مَنْزِلَهُ فَذَلِكَ قَوْلُهُ تَعَالَى ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ﴾ /ابن ماجه، صححه الألباني/ هیچ کام لە ئیوە نیە مەگەر دوو جێگای بۆ هەیە جێگایەك لە بەهەشت‌و جێگایەك لە ئاگری دۆزەخ، جا هەر کاتێك کە کافرێك دەمرێت‌و دەڕواتە ناو ئاگر، ئەوسا جێگای بەهەشتی ئەو کافرە بە ئەوانەی کە چونەتە ناو بەهەشتەوە دەدرێت‌و بۆخۆیان دەیبەن، جا ئەوە مەبەستە لەفەرمودەی خوای بەشکۆدا کە دەفەرموێ:﴿ ئەوانەن میراتگران ﴾ .

وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّٰهُ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابٍۭ
بِهِۦ لَقَٰدِرُونَ (١٨) فَأَنشَأْنَا لَكُم بِهِۦ جَنَّٰتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَٰبٍ
لَّكُمْ فِيهَا فَوَٰكِهُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (١٩) وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن
طُورِ سَيْنَآءَ تَنۢبُتُ بِٱلدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْءَاكِلِينَ (٢٠) وَإِنَّ لَكُمْ فِى
ٱلْأَنْعَٰمِ لَعِبْرَةً ۖ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِى بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ كَثِيرَةٌ
وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (٢١) وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ (٢٢) وَلَقَدْ
أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ
غَيْرُهُۥٓ ۖ أَفَلَا تَتَّقُونَ (٢٣) فَقَالَ ٱلْمَلَؤُا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ مَا هَٰذَآ
إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَنزَلَ
مَلَٰٓئِكَةً مَّا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِىٓ ءَابَآئِنَا ٱلْأَوَّلِينَ (٢٤) إِنْ هُوَ إِلَّا
رَجُلٌۢ بِهِۦ جِنَّةٌ فَتَرَبَّصُوا۟ بِهِۦ حَتَّىٰ حِينٍ (٢٥) قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى
بِمَا كَذَّبُونِ (٢٦) فَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ أَنِ ٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا
وَوَحْيِنَا فَإِذَا جَآءَ أَمْرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ ۙ فَٱسْلُكْ فِيهَا مِن
كُلٍّ زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ
مِنْهُمْ ۖ وَلَا تُخَٰطِبْنِى فِى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ ۖ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ (٢٧)

(١١) ئەوانەی کە فیردەوس بە میراتو ئیرس دەبەنەوە، ئەوان بۆ هەمیشە تێیدا دەمێنینەوە، پێغەمبەرﷺ لە وەسفی فیردەوس دا دەفەرموێ: { إنَّ فِي الْجَنَّةِ مِائَةَ دَرَجَةٍ أَعَدَّهَا اللَّهُ لِلْمُجَاهِدِينَ فِي سَبِيلِهِ كُلُّ دَرَجَتَيْنِ مَا بَيْنَهُمَا كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللَّهَ فَسَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ فَإِنَّهُ أَوْسَطُ الْجَنَّةِ وَأَعْلَى الْجَنَّةِ وَفَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ وَمِنْهُ تَفَجَّرُ أَنْهَارُ الْجَنَّةِ/ متفق عليه/ واتە : بێگومان لەناو بەهەشتدا سەد پلە هەیە کە (اللَّهُ) ئامادەی کردوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە رێگای ئەو دا غەزا دەکەن نێوانی هەر پلەیەك بۆ پلەیەکی تر وەك نێوانی ئاسمانو زەوییە، جا هەر کاتێك داواتان کرد لە (اللَّهُ) داوای فیردەوس بکەن کە بێگومان چاکترینو بەرزترین جێگەی بەهەشتە و لەسەر ئەوەوە عەرشی (اللَّهُ)یەو روبارەکانی بەهەشتیش لە وێوە هەڵدەقوڵێن }

(١٢) بەراستی ئێمە لە سەرەتاوە مرۆڤمان لە پوختەیەکی دەرهێنراو لە قوڕ دروستکردوە. سەرەتای دروستبونی ئادەم عليه السلام بەم شێوە بووە لە(خاك)ەوە بۆ(قوڕ) ئینجا بۆ قوڕی بۆ گەنیوو ترشاو،جا قوڕی وشکەوە بو ئەوسا ئادەم عليه السلام. پاشان لە خۆی هاوسەری بۆ دروستکردو لەودووانەوە بەم شێویە کە دێت دروست بونی مرۆڤ دەستی پێکرد.

(١٣) پاشان کردمان بە تۆماو، وە ئەو تۆماوە دانرا لە ناو جێگەیەکی پارێزراودا کە رەحمی دایکە.

(١٤) پاشان ئەو تۆماوی شەهوەتەمان کرد بە پارچە خوێنێکی مەیو، ئەوسا ئەو خوێنە مەیوەمان کرد بە پارچە گۆشتێك بە ئەندازەی پارویەك، ئینجا ئەو پارچە گۆشتەیشمان کرد بە ئێسقان گەلێك، جا ئەو ئێسقان گەلەیشمان بە گۆشت داپۆشی پاشان کردمان بە دروستکراوێکی تر، جا بە هۆی پێدانی رۆحو گیانەوە، لە جیسمێکی بێ گیانەوە گۆڕیمان بۆ گیان لەبەرێك جا چ عەجایب دەست رەنگینو بوڵەند مەقامو بەخەیرو بەیرە (اللَّهُ)یەك کە باشترینی هەمو دروستکراوانە. وشەی ﴿ٱلْخَلْقُ﴾ دوو مانای هەیە یەکەم: دروست کردنی شتێك لە نەبون(العدم) کە ئەمە هەر ئیشی (اللَّهُ)یەو جگە لەو لەم بارەوە هیچ دەسەڵاتێك نیەو خالیق هەر خوایە. دووهەم: گۆڕانو دەستکاری کردنی شتێك بۆ دروستکردنی شتێکی نوێ وەك ئەوەی کە خاك دەکرێت بە قوڕو، ئینجا بە هەیکەل ئەمیش هەر خەلقی پێدەوترێت جا بەم مانایە دەتوانین بڵێین خالیقەکان زۆرن بەڵام ﴿فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ﴾ ﴿جا چ عەجایب بەخەیرو بەیرە (اللَّهُ)یەك کە باشترینی هەمو دروستکراوانە﴾

(١٥) پاشان ئێوە بێگومان بن کە پاش ئەو دروستکردنەو تەواوکردنی ئەو ماوەیەی کە بۆ هەر کەسێك دانراوە، بەراستی ئێوە دەمرنو دەچنە دنیایەکی ترەوە.

(١٦) پاشانیش سور بزانن کە ئێوە رۆژی قیامەت زیندو دەکرێنەوە بۆ حیسابو پاداشت و تۆڵە.

(١٧) جا بە راستی ئاسمانانمان لە حەوت تەبەقە کە شوێنی هاتو چۆی فریشتەکانە لە ژورەوەی ئێوەوە دروستمان کردوە، وە ئێمە بێ ئاگانین لە ئەوانەی کە دروستمان کردوە، وە ئێمە هەروا دەستمان لێ نەشۆردون بەڵکو بونی هەمویان بە فرمانی ئێمەیەو چاکیش دەزانین چی دەکرێتو چییان پێویستە.

فَإِذَا ٱسْتَوَيْتَ أَنتَ وَمَن مَّعَكَ عَلَى ٱلْفُلْكِ فَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى نَجَّىٰنَا
مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٨﴾ وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِى مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ
ٱلْمُنزِلِينَ ﴿٢٩﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ وَإِن كُنَّا لَمُبْتَلِينَ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ أَنشَأْنَا
مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ﴿٣١﴾ فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ أَنِ ٱعْبُدُوا۟
ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ۖ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣٢﴾ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِلِقَآءِ ٱلْءَاخِرَةِ وَأَتْرَفْنَٰهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا
مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا
تَشْرَبُونَ ﴿٣٣﴾ وَلَئِنْ أَطَعْتُم بَشَرًا مِّثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ
﴿٣٤﴾ أَيَعِدُكُمْ أَنَّكُمْ إِذَا مِتُّمْ وَكُنتُمْ تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَنَّكُم مُّخْرَجُونَ
﴿٣٥﴾ ۞ هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ ﴿٣٦﴾ إِنْ هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا
ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴿٣٧﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ
ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا وَمَا نَحْنُ لَهُۥ بِمُؤْمِنِينَ ﴿٣٨﴾ قَالَ رَبِّ
ٱنصُرْنِى بِمَا كَذَّبُونِ ﴿٣٩﴾ قَالَ عَمَّا قَلِيلٍ لَّيُصْبِحُنَّ نَٰدِمِينَ ﴿٤٠﴾
فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّيْحَةُ بِٱلْحَقِّ فَجَعَلْنَٰهُمْ غُثَآءً ۚ فَبُعْدًا لِّلْقَوْمِ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤١﴾ ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قُرُونًا ءَاخَرِينَ ﴿٤٢﴾

(١٨) خۆ ئێمە لە سەرتانەوە بە ئەندازەی دیاری کراوو پێویست ئاوتان بۆ دەبارێنین نە ئەوەندە کەم کە سودی نەبێ ونە ئەوەندەیش زیاد کە لە ناوتان ببات، جا ئێمە راگیری دەکەین لە ناو زەویدا تا سودی لێ وەرگرن، وە بەراستی ئێمە- هەر وەکو دەیبارێنین هەروایش— زۆر بە تواناین کە لە ناوی ببەین ونەیەڵین سودی لێ وەربگرن، واتە: ئەو ئاوەی کە هیچ گیان لەبەرێك بێ ئەو ژیانی نابێ دوو مەترسی گەورەی هەیە یەکەم (ﷲ) نەیبارێنێ کێ دەیبارێنێت. دووهەم ئەگەر باراندیشی زوو لە ناوی ببات ﴿ بیکاتەوە بە هەڵم یان بەناخی زەویدا بیباتە خوارەوە کێ دەتوانێ رێگای لێ بگرێت ئەگەر سۆزو رەحمەتی خۆی نەبێ؟ ﴾ بڵێ: پێم بڵێن ئەگەر ئەو ئاوەی کە سەرچاوەی ژیانتانە بە ناخی زەویدا بچێتە خوارەوەو هیچی بۆ سەرنەیەت، ئەوسا کێیە کە ئاوی هەڵقوڵاو و کانی ئاوی بەتامو چاکتان لەناو ئەو خاکەدا بۆ دەردەهێنێت؟ ﴾ ملك/ سی.

(١٩) جا بەو ئاوە باغەکانی خورماو ترێمان بۆ ئێوە بەدی هێناوە کە میوە جاتێکی زۆری تێدایە بۆتان وە لەوانە دەخۆنو دەبێ بە هۆی زیندەگیتان، جا هەر خورماو ترێ نیە بەڵام ئەم دوو میوە لەوانەیە کە بەبێ نان مرۆڤ دەتوانێت پێیان بژی وفەرِ وسودێکی زۆریان تێدایە بۆیە بە تایبەت ناوی ئەو دوانەی بردوە.

(٢٠) ئەوسا لە چیای سینادا درەختێکی چاكو بەفەرِم بۆ رواندون کە رۆنی هەیە و پێخۆریشە بۆ بخۆران، واتە: زەیتون کە رۆنێکی زۆری هەیەو سودێکی فراوانی لێ وەر دەگیرێو دەشخورێت کە ئیستا زانست گەلێك لە سودەکانی رۆنی زەیتونی زانیوە هەروەکو سودەکانی خورماو مێوژو کشمیش.

(٢١) بێگومان لەناو ئاژەڵەکانیش دەرسو ئامۆژگاریەکی یەکجار گەورەتان بۆ هەیە، ئێمە پێتان دەنۆشین لەوەی کە لەناو سکیاندایە کە شیرێکی پاكو خۆشمەزەیە، وە لەناو ئەو ئاژەڵەدا گەلێ سودی ترتان بۆ هەیە، وە لە گۆشتیشیان دەخۆن.

(٢٢) جا لەسەر هەندێکیان لەو ئاژەڵانەو لەسەر کەشتی هەڵدەگیرێنو بە هۆی ئەوانەوە ئازوگویاز دەکەن، ئەمانە هەمو نیعمەتی (ﷲ)نو پیویستە مرۆڤ سوپاسگوزار بێت. ئینجا خوای گەورە داستانی چەند پێغەمبەرێك بە شێوەیەکی کورت باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٢٣) بەراستی ئێمە (نوح)مان رِەوانە کرد بۆ سەر گەلەکەیو پەیامی خۆمانمان پێدا نارد، جا ئەویش وتی: بە گەلەکەی: ئەی گەلی من (ﷲ) بپەرستن، جگە لەو خوایەکی ترتان نیە وهیچ شتێك جگە لەو شایستەی پەرستن نیە دەی ئایا ئێوە هەروا لەسەر ئەوئیشە خراپانەتان دەرِۆنو ناترسنو خۆتان لە رقوقینی ئەو خوایە ناپارێزن؟

(٢٤) جا پیاو ماقوڵانی هۆزەکەی کە بێباوەرِ بوون بەو گەلەی خۆیان وت: ئەمە جگە لەوەی کە مرۆڤێکە وەك ئێوە شتێکیتر نیە، دەیەوێ خۆی بەسەر ئێوەدا بەرز بکاتەوە، خۆ ئەگەر (ﷲ) مەیلی ناردنی نمایندەی لێ بوایە بێگومان فریشتەکانی دەنارد، خۆ ئەوەی کە نوح باسی دەکات لە باو باپیرانیشمانەوە نەمان بیستوە.

(٢٥) ئەمە جگە لەوەی کە پیاوێکی شێتە شتێکی تر نیە، جا لێی بوەستن هەتا ماوەیەك یان چاك دەبێتەوە یان هەمو کەس دەزانێت کە شێتەو گوێی پێ نادەن.

(٢٦) نوح زۆر بەم قسانە دڵی تەنگ بوو پەنای بۆ (ﷲ) برد و وتی: ئەی پەروەردگارم بە هۆی ئەوەی کە بێ باوەڕن پێم و بە درۆم ئەخەنەوە یارمەتیم بدە.

(٢٧) جا نیگامان بۆ ناردو بە وەحی تێمان گەیاند کە ئادەی کەشتیەك لەژێر چاودێری ئێمەو بە گوێرەی وەحی ئێمە دروست بکە، ئەوسا هەر کاتێ بڕیاری ئێمە هات بۆ سزادانی هۆزەکەت و لە تەنوری ئاگرەوە ئاو فوارەی کرد ئیتر بزانە کە ئەوە کاتی سزایانە، جا ئەو کاتە لە هەمو زیندەوەرێك جوتێك و خاووخێزانو پەیڕەوانت بخەرە ناوییەوە جگە لەو کەسەی لە ناو ئەواندا کە (ﷲ) زوتر بڕیاری لە ناوچونی داوە، ئەوسا لە بارەی ئەو کەسانەی کە ستەمیان کردوەو باوەڕیان نەهێناوە قسەم لەگەڵدا مەکەو پاکانەیان بۆ مەکە چونکە بێگومان ئەوانە لە ناو ئاودا ئەخنکێنرێن.

(٢٨) جا هەر کاتێ خۆت و ئەوانەی کە لەگەڵتان لەسەر کەشتیەکە وەستان، ئەوسا بڵێ: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە لە هۆزی ستەمکاران رزگاری کردین.

(٢٩) خۆ بیشڵێ : ئەی پەروەردگارم لە شوێنێکی بە پیت و بەفەڕدا دام بەزێنە، جا تۆ چاکترینی هەمومێواندارانی.واتە من مێوانی خۆتم وچاوەڕوانی چاکترین وخۆشترین جێگات لێ دەکەم چونکە تۆ چاکترینی مێوادارانی.

(٣٠) بێگومان لەم داستانەدا چەندین نیشانەی گرنگ بۆ پەندو ئامۆژگاری هەیە، وەچاك بزانە کەئێمە مرۆڤ لەدنیادا تاقی دەکەینەوە تا راستو ناراست لەیەك جیا بکەینەوەو خۆی شایەت بێ لەسەرخۆی، واتە: ئەی مرۆڤ، هاتنی دنیات بۆ تاقی کردنەوە تا لەو دنیا بەهانەت نەمێنێ.

(٣١) پاشان گەل وهۆزی ترمان لە پاش ئەوان دروستکرد.

مَا تَسۡبِقُ مِنۡ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ ﴿٤٣﴾ ثُمَّ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا تَتۡرَاۖ
كُلَّ مَا جَآءَ أُمَّةٗ رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُۖ فَأَتۡبَعۡنَا بَعۡضَهُم بَعۡضٗا وَجَعَلۡنَٰهُمۡ
أَحَادِيثَۚ فَبُعۡدٗا لِّقَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴿٤٤﴾ ثُمَّ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ وَأَخَاهُ
هَٰرُونَ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٍ ﴿٤٥﴾ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِۦ
فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمًا عَالِينَ ﴿٤٦﴾ فَقَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ لِبَشَرَيۡنِ مِثۡلِنَا
وَقَوۡمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ ﴿٤٧﴾ فَكَذَّبُوهُمَا فَكَانُواْ مِنَ ٱلۡمُهۡلَكِينَ
﴿٤٨﴾ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ لَعَلَّهُمۡ يَهۡتَدُونَ ﴿٤٩﴾ وَجَعَلۡنَا
ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةٗ وَءَاوَيۡنَٰهُمَآ إِلَىٰ رَبۡوَةٖ ذَاتِ قَرَارٖ وَمَعِينٖ
﴿٥٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًاۖ إِنِّي بِمَا
تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ ﴿٥١﴾ وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ
فَٱتَّقُونِ ﴿٥٢﴾ فَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ زُبُرٗاۖ كُلُّ حِزۡبِۭ بِمَا لَدَيۡهِمۡ
فَرِحُونَ ﴿٥٣﴾ فَذَرۡهُمۡ فِي غَمۡرَتِهِمۡ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿٥٤﴾ أَيَحۡسَبُونَ أَنَّمَا
نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٖ وَبَنِينَ ﴿٥٥﴾ نُسَارِعُ لَهُمۡ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ بَل لَّا يَشۡعُرُونَ
﴿٥٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنۡ خَشۡيَةِ رَبِّهِم مُّشۡفِقُونَ ﴿٥٧﴾ وَٱلَّذِينَ هُم
بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ يُؤۡمِنُونَ ﴿٥٨﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمۡ لَا يُشۡرِكُونَ ﴿٥٩﴾

(٣٢) ئەوسا ئێمە لە ناو ئەواندا هەر لە خۆیان پێغەمبەرێکمان بۆ ناردن کە پێی وتن: (ﷲ) بپە رستن، جگە لەو خوایە کی ترتان نیە کە شایستەی پەرستن بێت، دەی بۆ ئێوە ناترسنو خۆتان لە توڕەیی و رقو قینی ئەو ناپارێزن؟

(٣٣) پیاو ماقوڵانی هۆزەکەی ئەوانەی کە کافرو بێ باوەڕ بوون بە رۆژی قیامەت، وە لە ژیانی دنیادا نازو نیعمە تێکی بە لێشاومان پێدابون بە گەلەکەی خۆیان وت: ئەمە جگە لەوەی کە مرۆڤێکە وەك ئێوە شتێکی تر نیەو دەخوات لەوەی کە ئێوە دەیخۆنو دەخواتەوە لەوەی کە ئێوە دەیخۆنەوە .

(٣٤) جا ئەگەر ئێوە پەیڕەوی مرۆڤێکی وەك خۆتان بکەن بێگومان بن کە ئیتر ئێوە زیان لێ کەوتوو رەنجەڕۆن.

(٣٥) ئایا ئەو بەڵێنتان پێ دەدات کە بێگومان هەرکاتێ مردنو بوون بە خۆڵو ئێسقانە پتورکاوو رزیو ئێوە تازە زیندو دەکرێنەوەو دەردەهێنرێنەوە؟

٣٦ هەیهوو چەند دورە، هەیهوو چەند دورە ئەو بەڵێنەی کە بە ئێوە دەدرێت،، واتە :باوەڕی پێ مەکەن.

٣٧ ژیانێکی تر نیە جگە لەم ژیانەی دنیامان کە دەمرینو دەژین. خۆ ئێمە زیندو ناکرێینەوە، جا بە قسەی ئەو پێغەمبەرە باوەڕ مەکەن،

٣٨ چونکە ئەو جگە لەوەی کە پیاوێکەو درۆ بەدەم خواوە دەکات هیچیتری لا نیە، جا ئێمەیش باوەڕی پێ ناکەین. ئا بەو شێوەیە دنیا پەرستانو خۆ بەزلزانان دژی پێغەمبەرەکەیان رەفتاریان کردەوە، جا ئەمە نەریتو باوی هەمو سەردەمەکان بوەو هەتا ئەو رۆژەی کە (ﷲ) ئەم جیهانە تێك دەداتو هەروایش دەبێت.

٣٩ پێغەمبەرەکەیان وتی: ئەی پەروەردگارم بە هۆی ئەوەوە کە بە درۆم دەخەنەوە خۆت فریام کەوەو یارمەتیم بدە.

٤٠ (ﷲ)یش فەرموی: لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دڵنیابە کە پەشیمان دەبنەوە. زۆر ناخایەنێ کە تۆڵەیان لێدەسێنین، جا لەوکاتەدا دەزانن کە تۆ راست بویت، ئینجا پەشیمان دەبنەوە کە پەشیمانی ئەوکاتەش هیچ سودیان پێنادات.

٤١ جا یەك نەعرەتەو دەنگی بە گوڕ دای لێیان ئەوسا وەك (ئاوماڵك) مان لێکردن جا سیسو مردو بەسەر یەکدا چەنومل کەوتن، ئینجا بێژرا هەر ئاوا دوریو بێنرخی هەر بۆ گەلی ستەمکاران.

٤٢ پاش لەناوبردنی ئەوان چەندین تیرەو بەرەی ترمان پێك هێنا.

٤٣ هیچ گەلێك ناتوانێ کە ماوەی خۆی پاشو پێش بخات بەلکو هەر یەکە لە کاتی دیاری خۆیدا ماوەی ژیانی دوایی دێتو دەبێ بەرەو مردنو پاشان زیندوکردنەوەو حیسابو کیتاب برۆن چاکبن یان خراپ، دەسەڵاتداربن یان بێدەسەڵات دەوڵەمەند بن یان هەژار.

٤٤ پاشان فرستادەو پێغەمبەرانی خۆمانمان یەك لە دوای یەك بۆ ئەو گەلانە رەوانە کردوە هەر وەختێك پێغەمبەری ئەو گەلە چووەتە ناویانو باسی بۆ کردبن بە درۆیان خستوەتەوەو باوەڕیان پێنەکردوە، جا یەك بە دوای یەکدا بە دەردێکی وامان لە ناوبردون کە کردومانن بە پەندو داستان بۆ پاش خۆیان جا دوری لە بەزەییو رەحمی (ﷲ) بۆ گەلێکە کە باوەڕ ناهێنن.

٤٥ پاشان موسیو هارونی برایمان بە نیشانەکانی خۆمانو بەلگەو هێزێکی رۆشنکەرەوە رەوانەکرد

٤٦ بۆلای فیرعەونو پیاوانی دەربارەی ئەوەی کە واز لە بێ باوەڕی بهێنن، جا ئەوان خۆیان بەزل گرتو باوەڕیان پێ نەکردنو بەراستی گەلێکی خۆ پەسەندو بەدەمار بون.

٤٧ ئەوسا وتیان: ئایا باوەڕ بهێنین بە دوو مرۆڤی وەك خۆمان لە حاڵێکدا کە هۆزەکەیشیان بەندەی ئێمەن؟

٤٨ جا هەردووکیان بەدرۆ خستنەوەو باوەڕیان پێنەکردن، ئەوسا ئەوانیش چونە ریزی لەناوچوانەوەو لە دەریای نیلدا خنکێنرانو خۆ پەسەندیو لوت بەرزیان فریایان نەکەوت.

٤٩ ئەوسا بەراستی ئێمە (تەورات)مان دا بە موسا بەلکو ئەوان رێگای راست بگرنو دەست لە کوفرو ستەمو لوت بەرزی بکێشنەوە کەچی دژایەتیان کرد.

٥٠ ئینجا (ﷲ) باسی عیساو دایکی دەکاتو دەفەرموێ: وە عیسای کوڕی مەریەم و دایکی ئەومان کرد بە نیشانەیەکی گەورە لە سەر دەسەڵاتو هێزی (ﷲ)، جا ئەوانمان لە سەر تەپۆلکەیەك کە دلگیربو بە سەوزاییەکەیو خاوەنی کانی ئاو بو جێگیر کرد تا لەوێدا بحەسێنەوە، ئینجا (ﷲ) بانگی پێغەمبەران دەکاتو دەفەرموێ:

٥١ ئەی پێغەمبەران لە شتە پاکەکان بخۆنو ئیشی چاك بکەن، چاك بزانن کە من زانام بە هەرشتێك کە ئێوە دەیکەن، (ﷲ) لە هەمو سەردەمێکدا کە پێغەمبەرێکی ناردوە ئەم فەرمانەی پێکردوە تا خەڵکی بە گرنگی بزانن و لە شتی پاك نەبێ نەخۆن. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ:{ أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لاَ يَقْبَلُ إِلاَّ طَيِّبًا وَإِنَّ اللَّهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ فَقَالَ يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ وَقَالَ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ

السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ يَا رَبِّ يَا رَبِّ وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ وَغُذِيَ بِالْحَرَامِ فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ/مسلم / ئەی خەڵکینە بێگومان کە (ﷲ) پاکەو جگە لە پاکیش وەرناگرێت، بێگومان کە (ﷲ) ئەو فرمانەی کە بە پێغەمبەرانی کردوە هەر ئەو فرمانەیشی بە باوڕداران کردوە، پاشان پێغەمبەرﷺ ئەم ئایەتەو ئایەتی سورەتی (بەقەرە)ی خویندەوە کە کە فەرمان دە دات بە باوەردان کە لە پاكو خاوێنەکان بخۆن پاشان باسی پیاوێکی کرد کەسەفەری درێژماوە دەکات لە بەندایەتیداو موی سەری ئاڵۆزاو تەپو تۆزاوییەو دەستی بەرزدەکاتەوە بۆ ئاسمانو هاوار ئەکات ئەی پەروەردگارم... ئەی پەروەدگارم... لە کاتێکدا خواردنی حەرامەو خواردنەوەی حەرامەو پۆشاکی حەرامەو بەحەرامیش گۆش بوە جا چۆن ئەو هاوارو پاڕانەوەی لێ وەردەگیرێت؟}

(٥٢) ئەوسا بێگومان ئەم ئاینەی ئێوە یەك ئایینە، جا بە چاکی دەستی پێوە بگرنو پەیڕەوی لێ بکەنو پەرتەوازە مەبن، خۆ من پەروەردگاری ئێوەم، جا ئێوەش خۆتان لە توڕەییو رقی من بپارێزنو یەك دەستو یەك پارچە بنو پشتی یەکتر بگرن، ئینجا خۆی تێمان دەگەیەنێ کە مرۆڤ بە زۆری سپڵەو نمەك نەشناسەو لە باتی پەیڕەوی (ﷲ) پەیڕەوی نەفسو شەیتان دەکات.

(٥٣) کەچی ئەوان لە نێوان خۆیاندا کاری خۆیانیان بچڕبچڕ کرد ج بچڕبچڕ کردنیش جا بون بە دەستە دەستەوهەر دەستەو پارچەیەکیش خۆی هەڵدەکێشێ بەوەی کە لەلایەتیو بەشەکەی تری بە لاوە لاڕێو هەڵەیە پێغەمبەرﷺ دەفەموێ: {أَلاَ إِنَّ مَنْ قَبْلَكُمْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ افْتَرَقُوا عَلَى ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ مِلَّةً وَإِنَّ هَذِهِ الْمِلَّةَ سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثَلاَثٍ وَسَبْعِينَ ثِنْتَانِ وَسَبْعُونَ فِي النَّارِ وَوَاحِدَةٌ فِي الْجَنَّةِ وَهِيَ الْجَمَاعَةُ /واتە: ئەوانەی پێش ئێوە کە خاوەن پەڕاو بون، بوون بە حەفتاو دوو بەشەوە، جا بێگومان ئەم گەلەیش دەبێت بە حەفتاو سێ بەشەوە، حەفتاو دوو بەشی لە ناو ئاگردان یەك بەشیان بەهەشتیە کە هەر ئەویشە جەماعە) جا (ﷲ) بە هۆی ئەو پەرتەوازەیەوە کە کردیان، هەڕەشەیان لێ دەکاتو دەفەرموێ:

وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ ﴿٦٠﴾
أُوْلَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَهُمۡ لَهَا سَٰبِقُونَ ﴿٦١﴾ وَلَا نُكَلِّفُ
نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۖ وَلَدَيۡنَا كِتَٰبٞ يَنطِقُ بِٱلۡحَقِّۚ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿٦٢﴾
بَلۡ قُلُوبُهُمۡ فِي غَمۡرَةٖ مِّنۡ هَٰذَا وَلَهُمۡ أَعۡمَٰلٞ مِّن دُونِ ذَٰلِكَ هُمۡ لَهَا
عَٰمِلُونَ ﴿٦٣﴾ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذۡنَا مُتۡرَفِيهِم بِٱلۡعَذَابِ إِذَا هُمۡ يَجۡـَٔرُونَ
﴿٦٤﴾ لَا تَجۡـَٔرُواْ ٱلۡيَوۡمَۖ إِنَّكُم مِّنَّا لَا تُنصَرُونَ ﴿٦٥﴾ قَدۡ كَانَتۡ ءَايَٰتِي
تُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَكُنتُمۡ عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِكُمۡ تَنكِصُونَ ﴿٦٦﴾ مُسۡتَكۡبِرِينَ
بِهِۦ سَٰمِرٗا تَهۡجُرُونَ ﴿٦٧﴾ أَفَلَمۡ يَدَّبَّرُواْ ٱلۡقَوۡلَ أَمۡ جَآءَهُم مَّا لَمۡ يَأۡتِ
ءَابَآءَهُمُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٦٨﴾ أَمۡ لَمۡ يَعۡرِفُواْ رَسُولَهُمۡ فَهُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ
﴿٦٩﴾ أَمۡ يَقُولُونَ بِهِۦ جِنَّةُۢۚ بَلۡ جَآءَهُم بِٱلۡحَقِّ وَأَكۡثَرُهُمۡ لِلۡحَقِّ
كَٰرِهُونَ ﴿٧٠﴾ وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلۡحَقُّ أَهۡوَآءَهُمۡ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ
وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ بَلۡ أَتَيۡنَٰهُم بِذِكۡرِهِمۡ فَهُمۡ عَن
ذِكۡرِهِم مُّعۡرِضُونَ ﴿٧١﴾ أَمۡ تَسۡـَٔلُهُمۡ خَرۡجٗا فَخَرَاجُ رَبِّكَ خَيۡرٞۖ
وَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿٧٢﴾ وَإِنَّكَ لَتَدۡعُوهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٧٣﴾
وَإِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ عَنِ ٱلصِّرَٰطِ لَنَٰكِبُونَ ﴿٧٤﴾

(٥٤) تۆ وازیان لێ بهێنە تا ماوەیە بۆ ئەوەی لە زەلکاوی کوفرو نەزانی خۆیاندا زیاتر بچنە خوارەوەو باری تاوانیان قورستر ببێت.

(٥٥) ئایا وا ئەزانن کەئێمە یارمەتیان دەدەین بەماڵو کوڕانی زۆر لەبەر ئەوەیە کە،

(٥٦) ئێمە پەلە ئەکەین لە چاکە لەگەل کردنیان دا؟ نەخێر بەڵکو ئەوان هەستی چاكو خراپ ناکەن.

(٥٧) بە راستی ئەوکەسانەی کە لە ترسی پەروەردگاری خۆیان لە گەڵ خۆشەویستیدا بۆی لێی دەترسن ولەبەرسام وهەیبەتی ئەو دەلەرزن.

(٥٨) جا ئەو کەسانەیش کە بە نیشانە کانی پەروەردگاریان باوەڕ ئەهێنن.

(٥٩) وە ئەو کەسانەیش کە هیچ کەس ناکەن بە هاو بەشی پەروەردگاریانو هەر خۆی دەپەرستن.

(٦٠) خۆ ئەو کەسانەیش کە لە رەفتارو وتاری چاك دەیکەن ئەوەی کە دەیکەن بۆ (ﷲ) لە گەل ئەوەیشدا دڵیان هەر دەترسێت، چونکە دڵنیان کە سەر ئەنجام دەگەڕێنەوە

بۆلای ئەو کەسەی کە ئاگای لە هەمو نیەتو قسەو کردارەو
ئەترسن لێیان وەرنەگیرێت.

(٦١) ئەوانە لە ئەنجامدانی کردارو رەفتارە چاکەکاندا پەلە
ئەکەن، وە ئەوان بۆ ئەنجامدانی ئیشە چاکەکان زۆر
لەپێشن.

(٦٢) خۆ ئەرك نادەین بە سەر هیچ کەسێکدا مەگەر بە
ئەندازەی توانای خۆی، ئەوسا پەڕاوێکمان لایە کە تەنها
راست دەڵێتو لەسەر کەس زیادو کەم ناکاتو ئەوان
ستەمیان لێ ناکرێت.

(٦٣) بەڵکو بێ باوەڕان دڵەکانیان بێئاگایە لەم پەڕاوە
راست وێژەو ئەوان ئیشو کار گەلێکی وایان هەیە دورە لەو
راستییەوەو دەڵێیت ئەوان هەر بۆ ئەوە دروست کراون.

(٦٤) تا ئەو کاتەی کە خۆشگوزەرانەکانیان دوچاری سزا
دەکەین کوتو پڕ ئەوان دەست بە هاوارو کڕوزانەوە ئەکەن
و بەرگەی بچوکترین سزا ناگرن.

(٦٥) ئەمڕۆ مەکڕوزێنەوەو هاوار مەکەن، چونکە بێگومان
ئێوە لە لایەن ئێمەوە یارمەتی نادرێن کەواتە هاتو
هاوارتان بێکەڵکە.

(٦٦) بەراستی نیشانەکانی من بەسەر ئێوەدا خوێنرایەوە،
جا ئێوە پشتاو پشت گەڕانەوە.

(٦٧) بە هۆی بونتان لەدەوروبەری ماڵی(الله)دا لەجیاتی
بەندایەتی بۆ کردنی، بەو ماڵە خۆتان هەڵدەکێشنو شەوان
کۆڕ دەگرنو گاڵتە بەپێغەمبەروبە قورئان دەکەن.

(٦٨) ئایا بیریان لەم قسە بەنرخە نەکردوەتەوە کە باوەڕی
پێ بهێنن ؟ یان هاتوتە لای ئەوان ئەوەی کە نەهاتوەتە
لای باو باپیرە پێشوەکانیان؟

(٦٩) یان ئایا پێغەمبەرەکەیان بە راستگۆو ئەمین ناناسن
ئەوسا ئاوا حاشای لێبکەن؟

(٧٠) یان ئایا دەڵێن: ئەو پێغەمبەرە شێتە؟ نەخێر وانیە
کە ئەوان دەڵێن بەڵکو بەراستی هاتوەتە لایانو بۆ راستی
بانگیان دەکات؟ بەڵام زۆربەی ئەوان راستیان پێناخۆشەو
بە دوای هەڵەدا بازبازانیانە.

(٧١) ئەگەر حەقو راستی بە گوێرەی ئارەزۆی ئەوان بوایە
بە راستی ئاسمانانو زەویو ئەوەی کە لە ناویاندایە خراپ
ئەبو. وەك ئەمڕۆ کە بە چاوی خۆمان دەیبینین کەراست
لەلایان لارەو لاریان لاراستە؟! چاکەو رەوشت بەرزی
عەیبەو شورەیی و رەوشت نزمی جێگای شانازیە؟ ئەزانی
بۆ؟ چونکە لە یاسای (الله) لادراوە وپەیڕەوی ئارەزۆ
دەکرێت، جا هەر کاتت زانی رۆژی ڕەش یەخەی گرتین، جا
(الله) ئەفەرموێ: بەڵکو ئێمە ئامۆژگاریو مایەی شەرفو
رێزمان بۆناردن کەچی ئەوان لە ئامۆژگاریو مایەی
شەرەفی خۆیان کە ئەم قورئانە بەرێزمیە پشت هەڵدەکەن؟!
بەڵێ، شەمشەمەکوێرە دژی رۆژە!!

(٧٢) ئایا تۆ داوای کرێیان لێ ئەکەیت لەسەر گەیاندنی ئەم
پەیامە بەوان تا لە تۆ بتەکێنەوە؟ نەخێر تۆ هیچت لەوان
ناوێ، تۆ پاداشت وکرێی خۆتت لە (الله) دەوێ، چونکە هەر
پاداشت وکرێی پەروەردگارت چاکەو خێرە خۆ هەر ئەو
زاتە خۆی چاکترینی رۆزی دەرانە.

(٧٣) جا بەراستی تۆ ئەوان بۆ رێگای راست بانگ دەکەیتو
دەتەوێ کە بیان خەیتە سەر ئەو رێگایە کە مایەی
خۆشبەختی هەردوو ژیانیانە کەچی ئەوان دژایەتیت
دەکەن.

(٧٤) بێگومان ئەوانەی کە باوەڕناکەن بە پاشەرۆژ لەو
رێگە راستە لادەدەن.

(٧٥) خۆئەگەر بەزەیمان بەواندا بهاتایەوەو ئەو گرفتاریو
تەنگو چڵەمەیان لەسەر لابردنایە زیاتر لە سەرکەشیو
زیادەڕەویدا کوێرانە دەمێننەوە. بەڵێ بەراستی ئەوان دوو
دڵ تر دەبنو دەڵێن: سروشتیەو خۆشیو ناخۆشی لەدنیادا
هەربوەو نایدەنە پاڵ بەزەییو سۆزی (الله) .

(٧٦) جا بەراستی ئێمە چەندین جار دوچاری سزامان کردن
بۆ ئەوەی بە خۆدا بچنەوەو بیر لە ئایندەی خۆیان
بکەنەوە، کەچی ئەوان نە خۆیان دایە دەست پەروەردگاری
خۆیانەوەو نە لێیشی دەپاڕێنەوە، چونکە باوەڕیان بەوە
نیە کە خوایە ئەم خۆشیو ناخۆشیە دەهێنێ .هەروەك
ئەمڕۆ دەبینین کە بومەلەرزە یان لافاو دەدات لە ولاتێكو

۞ وَلَوْ رَحِمْنَـٰهُمْ وَكَشَفْنَا مَا بِهِم مِّن ضُرٍّ لَّلَجُّوا۟ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ
يَعْمَهُونَ ﴿٧٥﴾ وَلَقَدْ أَخَذْنَـٰهُم بِٱلْعَذَابِ فَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ لِرَبِّهِمْ
وَمَا يَتَضَرَّعُونَ ﴿٧٦﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا ذَا عَذَابٍ شَدِيدٍ
إِذَا هُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ ﴿٧٧﴾ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَـٰرَ
وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۚ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿٧٨﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى ذَرَأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ
وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٧٩﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ وَلَهُ ٱخْتِلَـٰفُ
ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٨٠﴾ بَلْ قَالُوا۟ مِثْلَ مَا قَالَ
ٱلْأَوَّلُونَ ﴿٨١﴾ قَالُوٓا۟ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَـٰمًا أَءِنَّا
لَمَبْعُوثُونَ ﴿٨٢﴾ لَقَدْ وُعِدْنَا نَحْنُ وَءَابَآؤُنَا هَـٰذَا مِن قَبْلُ إِنْ هَـٰذَآ
إِلَّآ أَسَـٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٨٣﴾ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن
كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٤﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ
﴿٨٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ
﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾ قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ
مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن
كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴿٨٩﴾

بە هەزاران كەس بە چاوتروكاندنێك لەناو دەچێت‌و هەزاران خانو وێران دەبێ‌و بە مەلایین زیان لە ولاتێك دەكەوێت، جا لە جیاتی ئەوەی كە پەندو ئامۆژگاری لێ وەرگرن‌و بە تاوانەكانی خۆیاندا بچنەوە، دەڵێن: روداوێكی سروشتیە هیچی تر.

(٧٧) جا هەر شێوەیە دەبن تا ئەو كاتەی كە دەرگای سزای بە هێزو توندیان لەسەر دەكەینەوە، كوتوپڕ لە ناو ئەو سزایەدا نائومێد دەبن. جا ئا لەوكاتەدا پەشیمان دەبنەوەو قەپ بەدەستی خۆیاندا دەكەن بەلام بێسودە.

(٧٨) خۆ ئەو زاتە خۆیەتی كە كەرەسەی بیستن‌و بینین‌و بیركردنەوەی پێداون تا راستی پێ‌ببیسن‌و ورد ببنەوەو ئەوەی بەسودە وەرى‌گرن ولەوەی خراپە دور بكەنەوە بەلام كەمێكتان شوكرو سوپاسی (اللَّهُ) دەكەن، بێگومان ئەوانەی كە سوپاسگوزارن كەمن.

(٧٩) جا هەر خۆیەتی كە ئێوەی لەو زەوییەی بەدیهێناوە، وە هەر بۆلای ئەویش كۆ دەكرێنەوە.

(٨٠) جا هەر خۆیشێتی كە زیندو دەكاتەوەو دەمرێنێ، كەسی تر ئەوەی بەدەست نیە، وە هەر بەفرمانی ئەوە گۆڕاندنی شەوو رۆژ، دەی ئایا ئێوە عەقڵ‌و هۆشی خۆتان ناخەنە كارەوە تاراست‌وناڕاست لەیەك جیابكەنەوە ؟ سا تا كەی لەو هەمو ئاڵوگۆڕو نیعمەت‌و رەحمەتانە تێ ناگەن؟

(٨١) بەڵكو وتیان: ئەوەی كە پێشوەكان وتیان.

(٨٢) وتیان: ئایا كاتێ كە ئێمە مردین وبوین بەخاك وبەئێسقانی پتوركاو ئایا تازە زیندو دەكرێینەوە؟ نەخێر شتی‌وا دورەو نەگونجاوە!

(٨٣) بەراستی ئێمەو باو باپیرانمان لەپێشدا ئەم بەڵێنەمان پێدرابو ئەوان باوەڕیان پێ نەكردو ئێمەیش باوەڕی پێ‌ناكەین‌و ئەڵێین ئەمە جگە لە داستانە خەیاڵییەكانی پێشوان شتێكی‌تر نیە.

(٨٤) ئەی محمدﷺ بڵێ: ئەگەر ئێوە شتێك دەزانن دەی زەوی‌و ئەوەی كە لەناویدایە مۆڵكی كێیە؟

(٨٥) زۆربە زوویی دەڵێن: مولكی (اللَّهُ)یە بڵێ: دەی ئیتر هەر بیر ناكەنەوە، تاكەی خۆتان گێل‌و گەمژە دەكەن، جا ژیربن وبیر بكەنەوەو هەنگاوی كوێرانە مەنێن مادامێك خۆتان دان بە خاوەنیەتی (اللَّهُ)دا دەنێن دەی ژیر بن‌و هەر بەندایەتی بۆ ئەو بكەن.

(٨٦) بڵێ: كێیە پەروەردگاری هەر حەوت ئاسمانەكان‌و پەروەردگاری عەرشی گەورە؟

بَلۡ أَتَيۡنَٰهُم بِٱلۡحَقِّ وَإِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ﴿٩٠﴾ مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٖ
وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنۡ إِلَٰهٍۚ إِذٗا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهِۭ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا
بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٩١﴾ عَٰلِمِ
ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿٩٢﴾ قُل رَّبِّ
إِمَّا تُرِيَنِّي مَا يُوعَدُونَ ﴿٩٣﴾ رَبِّ فَلَا تَجۡعَلۡنِي فِي ٱلۡقَوۡمِ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٩٤﴾ وَإِنَّا عَلَىٰٓ أَن نُّرِيَكَ مَا نَعِدُهُمۡ لَقَٰدِرُونَ ﴿٩٥﴾
ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ٱلسَّيِّئَةَۚ نَحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴿٩٦﴾
وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنۡ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ
رَبِّ أَن يَحۡضُرُونِ ﴿٩٨﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ رَبِّ
ٱرۡجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ
هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴿١٠٠﴾ فَإِذَا نُفِخَ
فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾
فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿١٠٢﴾ وَمَنۡ
خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فِي جَهَنَّمَ
خَٰلِدُونَ ﴿١٠٣﴾ تَلۡفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ وَهُمۡ فِيهَا كَٰلِحُونَ ﴿١٠٤﴾

﴿٨٧﴾ هەر زوو دەڵێن: مولكی (ﷲ)یەو ئەو پەروەردگارو بەدیهێنەریانە، بڵێ: دەی بۆ هیچ ترسێكتان لەو نیە؟ ئەمە چۆن عەقڵێكە كە ئا لەو زاتە گەورەو بەهێزە ناترسن؟

﴿٨٨﴾ ئەی محمدﷺ بڵێ: ئەگەر ئێوە دەزانن دەسەڵاتی هەمو شتێك بەدەست كێیە لە حاڵێكدا كە هەرخۆی پەنا دەدات‌و پەنای لێ نادرێت؟

﴿٨٩﴾ بەم زوانە دەڵێن: مولكی (ﷲ)یە، بڵێ: دەی چۆن وا فریو دراوو سیحر لێ كراون، كە حەق‌و راستیتان لێ بووە بەقسەی پڕو پوچ‌و درۆ ؟

﴿٩٠﴾ ئاوەها نیە كە دەیڵێن بەڵكو ئێمە راستیمان پێدان بەڵام ئەوان شوێنی قسەی پڕوپوچ‌و درۆ كەوتن، بێگومان بۆخۆیان درۆزنن.

﴿٩١﴾ (ﷲ) منداڵی بۆ خۆی دانەناوە، ئەوسا هیچ پەرەستراوێكی تری لەگەل دا نیە و تاك‌و تەنیایە ئەگەر خودای تری لەگەڵدا بوایە بێگومان هەر خوایەك دروستكراوی خۆی دەبردو كێشەو ناكۆكی لە نێوانیاندا روی دەداو كاروباری بوونەوەر تێك‌وپێك دەچو، جا ئەو كاتە هەندێك لە خواكان زاڵ دەبون بەسەر هەندێك دا، (ﷲ) پاكەو بێگەردەو دورە لەو وەسفەی كە ئەو موشریكانە دەیكەن.

﴿٩٢﴾ خوا ئاگایە بە هەرچی پەنامەكی‌و ئاشكرایە، جا ئەو بەرزترو بەشكۆترە لەوەی كە ئەوان دەیكەن بەشەریكی.

﴿٩٣﴾ بڵێ: ئەی پەروەردگارم ئەگەر ئەو هەڕەشەیەی كە لەوان دەكرێت پیشانی منی دەدەیت‌و لەسەردەمی مندا دەبێت،

﴿٩٤﴾ دەسا ئەی پەروەردگارم من لەناو ئەو ستەمكارانەدا دامەنێ‌و وەكو ئەوان دوچاری ئەو سزایەم مەكە، جا بە پەیڕەوی لەم ئایەتە پێغەمبەرمان ﷺ دوعای دەكردو دەیفەرمو: {وَإِذَا أَرَدْتَ بِعِبَادِكَ فِتْنَةً فَاقْبِضْنِي إِلَيْكَ غَيْرَ مَفْتُونٍ /احمد، صححه الألباني/ هەر كاتێ ویستت بەندەكانت دوچاری بەڵایەك بكەیت جا پێش ئەوە من ببەرەوە بۆلای خۆت بێ ئەوەی دوچاری ئەوبەڵایە ببم }

﴿٩٥﴾ جا بێگومان ئێمە هەرچی بۆ ئەوان بڕیار بدەین‌و هەرچییان بەسەر بهێنین دەتوانین نیشانی تۆیشی بدەین، ئینجا (ﷲ) بۆ چاكتر گونجان لەناو خەڵك‌و لەناو كۆمەڵگادا رێنمای پێغەمبەرمانﷺ دەكات بۆ ئیشێكی گرنگ‌و دەفەرموێ:

﴿٩٦﴾ خراپەی خەڵك بە رەفتارو كرداری جوان، لە خۆت دور بخەرەوە، وا مەزانە كە ئێمە بێ ئاگایین لێیان، بۆیە ئاوا داوایەكت لێ دەكەین بەڵكو ئێمە چاكتر دەزانین بەو

وەسفە ناشیرینانەی کە بە ئێمەی دەڵێن، جا وەڵامدانەوەی کردارە ناشیرینو خراپەکانی دوژمنانت بەچاکە، دەبێ بە هۆی خۆشەویستی خەڵك بۆتودۆستانت بۆ زیاد دەکاتو دوژمنانت لێ کەم دەکاتەوە، جا هەر کەسێك ئەم وەسفەی هەبێ خاوەنی بەشێکی گەورەیە،

وە ئێمەش پەلەیان لێ ناکەینو تا ماوەی دیاری خۆیان نازو نیعمەتی خۆمانیان بەسەردا دەڕژێنینو زۆر نابات دێنەوە بەردەستمانو تۆڵەی خۆیان وەردەگرن. بەڵام خراپەو شەڕی شەیاتینی جنۆکە شتێك نیە کە مرۆڤ بە چاکە کردن لەگەڵیاندا سودی لێوەر بگرێت، چونکە خاوەنی شەڕنو هەرگیز چاکەیان لێ ناوەشێتەوەو هەمیشە بۆ تۆڵەی خۆیان هەر خەریکی تێکدانی مرۆڤن جا بۆ ڕەفتار لەگەڵ ئەم بەشەدا پەروەردگارمان بەم شێوە یە ئامۆژگاری پێغەمبەرمانﷺ دەکاتو دەفەرموێ: بڵێ:

٩٧ ئەی پەروەردگارم هانات بۆ دەهێنم لە وەسوەسەو دنەدانی شەیتانەکان.

٩٨ دەسا ئەی پەروەردگارم پەنات پێدەگرمو هانات بۆدێنم کە ئەوانە لێم نزیك ببنەوەو دەست بخەنە ناو کاروبارم،
پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ الشَّيْطَانَ يَحْضُرُ أَحَدَكُمْ عِنْدَ كُلِّ شَيْءٍ مِنْ شَأْنِهِ حَتَّى يَحْضُرَهُ عِنْدَ طَعَامِهِ فَإِذَا سَقَطَتْ مِنْ أَحَدِكُمْ اللُّقْمَةُ فَلْيُمِطْ مَا كَانَ بِهَا مِنْ أَذًى ثُمَّ لِيَأْكُلْهَا وَلَا يَدَعْهَا لِلشَّيْطَانِ فَإِذَا فَرَغَ فَلْيَلْعَقْ أَصَابِعَهُ فَإِنَّهُ لَا يَدْرِي فِي أَيِّ طَعَامِهِ تَكُونُ الْبَرَكَةُ / مسلم وغيره /
بێگومان کە شەیتان لە هەمو کاروباری هەر یەك لە ئێوە دا ئامادە دەبێت تەنانەت ئامادەی کاتی خواردنیشی دەبێت، جا هەر کاتێك پاروی یەکێکتان کەوت با ئەو شتە بێزراوەی کە بەو پاروە دەدرێت لای باتو پاشان با ئەو پاروە بخواتو وازی لێ نەهێنێت بۆ شەیتان، وە هەر کاتێك لێ بویەوە با پەنجەکانی بلێسێتەوە، چونکە نازانێت لە کوێی خواردنەکەی دا خەیرو بەرەکەت هەیە}.

٩٩ خراپەکاران هەروا سەرگەرمی خراپەو بێدینین تا ئەو کاتەی کە مەرگ یەخەیان دەگرێت ئەوسا دەڵێ: ئەی پەروەردگارم بمگەڕێنەوە بۆ دنیاو جارێ مەمکوژە.

١٠٠ بەڵکو ئەو ئیشە چاکانە بکەم کە وازم لێ هێنا بوون، چونکە ئەو کاتە نەفامو نەزان بوومو ئێستا چاك تێگەیشتوم، نەخێر شتی وانیەو جارێکیتر ناگەڕێیتەوەو ئەوە هەر قسەیەکەو بەدەمیادێت، ئەگەر ماوەی گەڕانەوەیشی پێ بدرێ هەر قسەیەو هەرگیز ئیشی باش ناکات بەڵکو زیاتر لەخۆبایی دەبێو دەڵێت: قیامەت چییە؟ کەمردم دیسان داوا دەکەم بمهێننەوە، واتە: قیامەت لەلای دەبێ بە گاڵتەو گەمە بەڵام (اللّٰهُ) شتی ئاوەها ناکات و پەردەیەکی بتەوو بەهێزیان لە بەردەمدایەو ناگەڕێنەوە بۆ دنیا هەتا ڕۆژی زیندوکردنەوە.

١٠١ خۆ کاتێ کە فوکرا بە کەڵەشاخداو زیندوکرانەوە ڕوداوەکە ئەوەندە سەختو دژوارە ئەوسا ئەو کاتە نە خزمایەتی دەمێنیو نە پرسیار لەیەکتر دەکەن.

أَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴿١٠٥﴾ قَالُوا۟
رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْمًا ضَآلِّينَ ﴿١٠٦﴾ رَبَّنَآ
أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ ﴿١٠٧﴾ قَالَ ٱخْسَـُٔوا۟ فِيهَا
وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴿١٠٨﴾ إِنَّهُۥ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْ عِبَادِى يَقُولُونَ رَبَّنَآ
ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿١٠٩﴾ فَٱتَّخَذْتُمُوهُمْ
سِخْرِيًّا حَتَّىٰٓ أَنسَوْكُمْ ذِكْرِى وَكُنتُم مِّنْهُمْ تَضْحَكُونَ ﴿١١٠﴾
إِنِّى جَزَيْتُهُمُ ٱلْيَوْمَ بِمَا صَبَرُوٓا۟ أَنَّهُمْ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴿١١١﴾ قَٰلَ
كَمْ لَبِثْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُوا۟ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ
يَوْمٍ فَسْـَٔلِ ٱلْعَآدِّينَ ﴿١١٣﴾ قَٰلَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا ۖ لَّوْ أَنَّكُمْ
كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١١٤﴾ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ
إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا
هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْكَرِيمِ ﴿١١٦﴾ وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا
ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ
ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ وَقُل رَّبِّ ٱغْفِرْ وَٱرْحَمْ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿١١٨﴾

٦٤ سُورَةُ النُّورِ ٢٤

(١٠٢) جا ئەو کەسەی کە کێشراوی چاکەکانی قورس بێت ئەوسا ئەوانە دیارە رزگارو خۆشبەختن.

(١٠٣) خۆ ئەو کەسەیش کە کێشراوی چاکەکانی سوك بێو خراپەی زۆربیت، جا ئەوانە ئەو کەسانەن کە خۆیانیان دۆڕاندوەو زیان لێکەوتو شەرمەندەو سەرشۆڕنو بۆ هەمیشەیش لە دۆزەخدان .

(١٠٤) ئاگر دەمو چاویان دا دەپلۆسێنێت، جا ئەوان لەناو ئەو ئاگرەدا دەمولێو هەڵقرچاوو ناشیرینن، سەرەرای ئەوەش لۆمەو سەرزەنشت دەکرێنو (اللَّهُ) پێیان دەفەرموێ:

(١٠٥) ئایا نیشانەکانمان نەهاتە لاتان کە بەسەرتاندا بخوێنرێتەوە، جابە درۆتان دەخستنەوەو باوەڕتان پێ نەدەهێنا؟

(١٠٦) وتیان بەڵێ: وایە، ئەی پەروەردگارمان، نەگبەتی روی تێکردینو بەدبەختی زاڵبو بەسەرماندا، وە ئێمە گەلێکی لاڕێو سەر لێ شیواو بوین.

(١٠٧) ئەی پەروەردگارمان لەم سزایە دەرمان بکەو بمانگەڕێنەوە بۆ دنیا ئینجا ئەگەر ئێمە جارێکی تر گەڕاینەوە بۆ ئەو ئیشە خراپانەی پێشو، ئەوسا بێگومان ئێمە ستەمکارین.

(١٠٨) (اللَّهُ) دەفەرموێ: دە برۆن دورکەونەوەو دەنگتان دەرنەیەتو هیچ قسەم لەگەڵدا مەکەن. جا ئابەم شێوەیە (اللَّهُ) دەمکوتی ئەو تاوانبارانە دەکاتو لە گەڕانەوە بۆ دنیاو لاچونی سزا لەسەریان نائومێدیان دەکات. ئینجا هەندێ لەوکارە ناپەسەندانەیان دەداتەوە بەروویانداو دەفەرموێ:

(١٠٩) بێگومان تاقمێك لە بەندە راستەقینەکانم بون کە یادی منیان دەکردو دەیان وت: ئەی پەروەردگارم باوەڕمان هێناوە، دەسا تۆیش لێمان خۆشبەو رەحممان پێبکە، وە تۆ لە هەمو خاوەن بەزەییەکان بە بەزەی وبەرەحمتری.

(١١٠) خۆ ئێوە ئەوانتان بە نەزانو ساویلکە دادەناو گاڵتەتان پێدەکردنو ئەوەندە بەو گەمەو گاڵتەوە خۆتان سەرگەرم کردبو تا یادی منیان لەبیرتان بردەوە، لەحاڵێکدا کە ئێوە بەوان پێدەکەنین، جا

ئەمڕۆ تەماشای بارو دۆخی خۆتان بکەنو چاویش لە خۆشیو ژیانی ئەوان بکەن،

(١١١) بێگومان منیش بە هۆی خۆ گرتنیان لەسەر بەندایەتیو ئێشو ئازاری کە ئێوە بۆتان دروستکرد بوون ئەمڕۆ پاداشیان دەدەمەوە، بێگومان هەر ئەوانن سەرکەوتو رزگاربو لە سزا و تۆڵەی من.

(١١٢) ﷲپێی ئەفەرمون: چەند ساڵ لە زەویدا ژیاوون؟

(١١٣) وتیان: رۆژێك یان تاقێك لە زەویدا بوین جا پرسیار لە حیساب گەران بکە، چونکە ئێمە هەر ئەوەندە دەزانین.

(١١٤) (ﷲ) دەفەرموێ: ئێوە جگە لە ماوەیەکی کەم لەدنیادا نەبوون، ئای ئێوە ئەم راستیەتان بزانیایە، بەڵام ئێوە ئەو ژیانە کەمتانە بەلاوە زۆر بوو لەبیری ئەم ژیانەی دوارۆژدا نەبوون تا ئەمڕۆ بەو ژیانە نالەبارە گەیشتن.

(١١٥) ئایا ئێوە بەلاتانەوە وابوو کە ئێمە هەروا بە بێ سودو بێمەبەست ئێوەمان دروستکردوە؟ خۆ ئێوە دڵنیابوون کە ناهێنرێنەوە بۆلای ئێمە بۆ حیسابوکیتابو پاداشتو سزا؟

(١١٦) جا ئەو (ﷲ)یەی کە پاشای راستەقینەیە دوورە لەوەی کە کاری بێهودەی ئاوا بکاتو ئێوەی بۆ گاڵتەو گەمە دروست کرد بێت، جگە لەو زاتەی کە پەروەرندەو خاوەنی تەختی بەرێزە هیچ پەرستراوێکی راستەقینەی تر نیە.

(١١٧) ئەوسا هەر کەسێك لەگەل (ﷲ)دا هانا بۆ کەسێکی تر ببات هیچ بەڵگەیەکی لەسەر راستی ئەو ئیشەی نیە، جا ئەوە حیسابی هەر لەلای پەروەردگاری خۆیەتی، بێگومان بڕیار ئەوەیە کە بەو ئیشەی کافر دەبێو کافرانیش لەسزا رزگار نابن.

(١١٨) جا بڵێ: ئەی پەروەردگارم لێم خۆشبەو رەحمم پێبکە چونکە تۆ لە هەمو خاوەن بەزەییەکان بە بەزەیو بەرەحم تری.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {الرَّاحِمُونَ يَرْحَمُهُمُ الرَّحْمَنُ ارْحَمُوا مَنْ فِي الْأَرْضِ يَرْحَمْكُمْ مَنْ فِي السَّمَاءِ الرَّحِمُ شُجْنَةٌ مِنَ الرَّحْمَنِ فَمَنْ وَصَلَهَا وَصَلَهُ اللَّهُ وَمَنْ قَطَعَهَا قَطَعَهُ اللَّهُ /الترمذي وغيره/ ئەوانەی کەرەحمو سۆزیان هەیە خوا رەحمیان پێ دەکات، رەحم بکەن بەوانەی کە لەسەر زەویدان ئەوەی کەلە ئاسمانە رەحمتان پێ دەکات، رەحم تێکەڵاوە لەوەسفی رەحمان جا هەر کەسێك پەیوەندی خزمایەتی بداتە سەر خوایش سۆزی خۆی بۆ دەباتە سەر، وەهەر کەسێکیش بیبچڕێنێت خوایش ئەو لەرەحمی خۆی دەبچڕێنێت}.

٢٤ سورەتی نور ٦٤

سورەتی نور سورەتی بیستوچوارەمی قورئانە، شەستو چوار ئایەتە، لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، لەم سورەتەدا باسی روداوی (الإفك) هاتوە کەلە ساڵی چوارەمی کۆچی پاش غەزای بەنی موستەلیق رویدا هەروەها وتراوە ئایەتی ﴿ وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ أَزۡوَٰجَهُمۡ وَلَمۡ يَكُن لَّهُمۡ شُهَدَآءُ إِلَّآ أَنفُسُهُمۡ فَشَهَٰدَةُ أَحَدِهِمۡ أَرۡبَعُ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴾ النور: ٦

لە ساڵی نۆی کۆچی پاش غەزای تەبوك دابەزیوە کەواتە ئەم سورەتە ماوەیەکی درێژی بردوە تا بەتەواوی دابەزیوەو بە ئاماژەی پێغەمبەر ئایەتەکانی لە شوێنی خۆیاندا دانراون. وشەی(نور) حەوت جار لەم سورەتەدا هاتوە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
سُورَةٌ أَنزَلْنَاهَا وَفَرَضْنَاهَا وَأَنزَلْنَا فِيهَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ لَّعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ
(١) الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ ۖ وَلَا تَأْخُذْكُم
بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ۖ وَلْيَشْهَدْ
عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ (٢) الزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ
مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ ۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى
الْمُؤْمِنِينَ (٣) وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ
فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ
الْفَاسِقُونَ (٤) إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ
رَّحِيمٌ (٥) وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُن لَّهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنفُسُهُمْ
فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ ۙ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ (٦)
وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِن كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ (٧) وَيَدْرَأُ
عَنْهَا الْعَذَابَ أَن تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ ۙ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ
(٨) وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِن كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ (٩)
وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ وَأَنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ حَكِيمٌ (١٠)

(١) ئەمە سورەتێکەو رەوانمان کردوە، جا بڕیارەکانی ناوی ئەم سورەتەمان دیاریو پێویستکردوەو چەندین نیشانەی رۆشنمان تێیدا ناردۆتە خوارەوە بەڵکو ئێوە بیر بکەنەوەو پەندی لێوەربگرن.ئینجا الله بڕیارەکانی باسدەکاودەفەرموێ:

(٢) ئافرەتی داوێن پیسو پیاوی داوێن پیس هەر کاتێ ئەو ئیشە ناپەسەندەیان ئەنجامدا ـ ئەگەر لە پێش ئەمەدا هاوسەری حەڵاڵیان نەبو بێت ـ ئەوە لە هەریەك لەو دووانە سەد شەلاق بدەن ئەگەر باوەڕتان بە اللهو بە رۆژی قیامەت هەیە بۆ بە جێ هێنانی بریاری الله بەزەیتان بەوانەدا نەیەتەوە، جا با کۆمەڵێك لە باوەڕداران ئامادەی سزا دانی ئەو دوانە ببێت بۆ ئەوەی سام لەو کردارە خراپە بکرێتو ئەوانیش زیاتر شەرمەزارو تەمێ ببنو بڕیارەکەی اللهیش بە بێ زیادو کەم جێبەجێ بکرێت.

(٣) بەزۆری پیاوی زیناکار جگە لە ئافرەتی زیناکارو موشریك ناخوازێت، وە ئافرەتی زیناکاریش هەر پیاوی زیانکار یان موشریك دەی خوازێت، وە ئەم نیکاحە لەسەر باوەڕداران قەدەغە کراوە. کەوابو ئەگەر ئافرەتێکی داوێن پاك بە پیاوێکی زیناکار رازی ببێت بۆ نیکاح ئەوە یان موشریکەو باوەڕی بە بڕیاری الله نیە یان زیناکارە ئەگینا چۆن رازییە بە پیاوێکی زیناکار، وە هەروەها بە پێچەوانەیشەوە.

(٤) جا ئەو کەسانەی کە بۆ ئافرەتانی پاك داوێن بوختان دەکەن، پاشان لەسەر راستی ئەو قسەیان چوار شایەتیان نەهێنا، ئەوسا ئەبێ هەشتا شەلاقیان لێبدەن، وە هەرگیز شایەتیان لێوەرنەگرن. چونکە ئەوانە خۆیان بەورەوشتە ناپەسەندەیان لە سنوری متمانە پێکردن تێپەڕیون.

(٥) مەگەر ئەو کەسانەی کە پەشیمان ببنەوە لەدوای ئەو بوختانەو خۆیان بە کرداری چاكودروست باش بکەنەوە ئەوسا بێشك الله چاوپۆشیکەرو دلۆڤانە بۆ بەندەکانی. الله لەم بڕیارەدا کێشەی ژنو مێرد جیا دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(٦) ئەوانەی کە بوختان بۆ ژنی خۆیان دەکەنو جگە لە خۆیان هیچ شایەتێکی تریان نیە، ئەوسا پێویستە بۆ شایەتی، هەر یەك لەوانە چوار جار خوا بە شایەت بگرێو بڵێ خوا شایەت بێ کە بە بێدرۆ ئەو لە راستگۆیانەو ئەم قسەیەم درۆی تێدا نیە، جاهەر بەمەش کار کۆتایی نایەت، وەك دەفەرموێ:

(٧) دەبێ بۆ پێنجەمین جار بڵێت: کە نەفرینی اللهی لەسەر بێ ئەگەر لەم قسەیەدا ئەو لەدرۆزنان بوبێت. بەم شێوەیە پیاوەکە لە هەشتا شەلاقی بوختان رزگاری دەبێو ژنەکە تاوانبار دەکرێت، جا ئەگەر دانی پێدا نا یان قسەی نەکرد ئەوە سەنگسار دەکرێت، بەڵام ئەگەر دانی پێدا نەنا ئەوە ماڤی پارێزگاری لە خۆی پێدەدرێت وەك دەفەرموێ:

(٨) چوار جار خوا بە شایەتی گرتنی ئافرەتەکە لەسەر ئەوەی کە ئەو پیاوە لە درۆزنانە سزا لەسەر ئافرەتەکەش لا دەباتو سەنگسار ناکرێت بەو مەرجەی کە:

(٩) پێنجەمین جار ئافرەتەکە بڵێت: ئەگەر ئەو پیاوە لە راستگۆیان بێ ئەوە بەر رقوقینی خوا کەوم. بەم شێوەیە

هەردوو لەسزای دنیا رزگار دەبن وبۆ هەمیشە لەیەك حەرام دەبن جا ئەگەر دوگیانیش بێ منداڵەکە هی ئەو پیاوە نیەو بە ئافرەتەکە دەدرێت، ئینجا اللَّهُ ئەفەرموێ:

(١٠) ئەگەر چاکەی اللَّهُ نەبوایە بۆ ئێوەو رەحمی پێ نەکردنایە، راستیەکەی دەردەخستو هەر لە دنیادا شەرمەزاری ئەکردن بەلام لەگەڵ ئەو هەموو تاوانانەی کە بەندە دەیکات هێشتا اللَّهُ نایەوێ ئابڕویان ببات، وە بە راستی اللَّهُ بە زۆری پەشیمانی وەر دەگرێتو زۆر دانایە لە ئیشەکانیدا، جا ئەم بڕیارە دەم کوتێکیشە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن دادگای ئیسلامی مافی بە ئافرەت نەداوە، چونکە لێرەدا هەر وەك پیاو بۆی بو کە بە چوار سوێندو نەفرینێك لە خۆی، لە سزای بوختان رزگار ببێت ئافرەتیش بە هەمان شێوە بە چوار سوێندو نەفرینێك لە خۆی، لە سزای زینا رزگار دەبێت. لە ئیبنوعەباسەوە هاتوە کە هلالی کوڕی ئومەیە لەلای پێغەمبەردا ﷺ داوێن‌پیسی ژنەکەی خۆی لەگەل شەریکی کوڕی سەحمادا باس کرد {فَقَالَ النَّبِيُّ الْبَيِّنَةَ أَوْ حَدٌّ فِي ظَهْرِكَ قَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِذَا رَأَى أَحَدُنَا رَجُلًا عَلَى امْرَأَتِهِ يَلْتَمِسُ الْبَيِّنَةَ فَجَعَلَ النَّبِيُّ ﷺ يَقُولُ الْبَيِّنَةَ وَإِلَّا فَحَدٌّ فِي ظَهْرِكَ فَقَالَ هِلَالٌ وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ نَبِيًّا إِنِّي لَصَادِقٌ وَلَيُنْزِلَنَّ اللَّهُ فِي أَمْرِي مَا يُبْرِئُ بِهِ ظَهْرِي مِنَ الْحَدِّ فَنَزَلَتْ وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنْفُسُهُمْ فَقَرَأَ حَتَّى بَلَغَ مِنَ الصَّادِقِينَ فَانْصَرَفَ النَّبِيُّ ﷺ فَأَرْسَلَ إِلَيْهِمَا فَجَاءَا فَقَامَ هِلَالُ بْنُ أُمَيَّةَ فَشَهِدَ وَالنَّبِيُّ ﷺ يَقُولُ اللَّهُ يَعْلَمُ أَنَّ أَحَدَكُمَا كَاذِبٌ فَهَلْ مِنْكُمَا مِنْ تَائِبٍ ثُمَّ قَامَتْ فَشَهِدَتْ فَلَمَّا كَانَ عِنْدَ الْخَامِسَةِ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ وَقَالُوا لَهَا إِنَّهَا مُوجِبَةٌ قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ فَتَلَكَّأَتْ وَنَكَصَتْ حَتَّى ظَنَنَّا أَنَّهَا سَتَرْجِعُ فَقَالَتْ لَا أَفْضَحُ قَوْمِي سَائِرَ الْيَوْمِ فَمَضَتْ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ أَبْصِرُوهَا فَإِنْ جَاءَتْ بِهِ أَكْحَلَ الْعَيْنَيْنِ سَابِغَ الْأَلْيَتَيْنِ خَدَلَّجَ السَّاقَيْنِ فَهُوَ لِشَرِيكِ ابْنِ سَحْمَاءَ فَجَاءَتْ بِهِ كَذَلِكَ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ لَوْلَا مَا مَضَى مِنْ كِتَابِ اللَّهِ لَكَانَ لِي وَلَهَا شَأْنٌ /ابوداود.صححه الالباني /

جا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: یا شایەت بێنە یان تازیانەت لێدەدرێت، واتە: هەشتا تازیانەی بوختان، ئەوسا ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەرکاتێ کەسێك لە ئێمە یەکێکی دی لەسەر ژنەکەی، جا دەبێ بچێت بە شوێن شایەت دا بگەڕێت؟! جا پێغەمبەر ﷺ هەر دەیفەرمو: شایەت یان تازیانە. ئینجا هلال وتی: بەو کەسەی کە تۆی بە راستی ناردوە من راستگۆم‌و دڵنیام کە اللَّهُ شتێك دەنێرێ کە پشتم بپارێزێ لەم دارلێدانە. ئەوسا ئەم ئایەتانە دابەزین﴿ئەوانەی کە بوختان بۆ ژنی خۆیان دەکەن‌و جگە لە خۆیان هیچ شایەتێکی تریان نیە -جا خوێندییەوە هەتا گەیشتە- ئەگەر لەراستگۆیان بێت ﴾

خۆئیتر پێغەمبەر ﷺ وازی لەقسەی پێشو هێناو ناردی بە شوێن هەردووکیاندا ئینجا هلال هەستاو شایەتی خۆی - بەو شێوەی کە لە ئایەتەکەدا هاتوە - داو پێغەمبەر ﷺ فەرموی: بە راستی اللَّهُ دەزانێ کە یەکێکتان درۆ دەکەن، جا کامتان پەشیمان دەبنەوە؟ پاشان ئافرەتەکەش هەستاو بەو جۆرە شایەتی داو کاتێ گەیشتە پێنجەم وەستاندیان‌و وتیان: بە راستی ئەو نەفرینە دەبێت بە هۆی سزا، ئیبنوعەباس دەڵێت: ئەو ئافرەتە لە گۆ کەوتو پاشەوپاش هاتەوە تا وامان گومان برد کە لە قسەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە، پاشان وتی: هۆزی خۆم بۆ هەمو کاتێ ئابڕو نابەم جا لەسەر قسەی خۆی رۆی، ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرموی: تەماشا بکەن جا ئەگەر منالێکی چاورەشی سمت قەڵەوی قوڵلاری بو ئەوە لە شەریکی کوڕی سەحمایە، خۆپاشان منالێکی بە هەمان

إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلۡإِفۡكِ عُصۡبَةٞ مِّنكُمۡۚ لَا تَحۡسَبُوهُ شَرّٗا لَّكُمۖ بَلۡ هُوَ
خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُم مَّا ٱكۡتَسَبَ مِنَ ٱلۡإِثۡمِۚ وَٱلَّذِي تَوَلَّىٰ
كِبۡرَهُۥ مِنۡهُمۡ لَهُۥ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿١١﴾ لَّوۡلَآ إِذۡ سَمِعۡتُمُوهُ ظَنَّ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ
وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمۡ خَيۡرٗا وَقَالُواْ هَٰذَآ إِفۡكٞ مُّبِينٞ ﴿١٢﴾ لَّوۡلَا
جَآءُو عَلَيۡهِ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَۚ فَإِذۡ لَمۡ يَأۡتُواْ بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُوْلَٰٓئِكَ
عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ ﴿١٣﴾ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ
فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ لَمَسَّكُمۡ فِي مَآ أَفَضۡتُمۡ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٤﴾
إِذۡ تَلَقَّوۡنَهُۥ بِأَلۡسِنَتِكُمۡ وَتَقُولُونَ بِأَفۡوَاهِكُم مَّا لَيۡسَ لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞ
وَتَحۡسَبُونَهُۥ هَيِّنٗا وَهُوَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمٞ ﴿١٥﴾ وَلَوۡلَآ إِذۡ سَمِعۡتُمُوهُ
قُلۡتُم مَّا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَٰذَا سُبۡحَٰنَكَ هَٰذَا بُهۡتَٰنٌ عَظِيمٞ
﴿١٦﴾ يَعِظُكُمُ ٱللَّهُ أَن تَعُودُواْ لِمِثۡلِهِۦٓ أَبَدًا إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٧﴾
وَيُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلۡفَٰحِشَةُ فِي ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ
فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿١٩﴾ وَلَوۡلَا
فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ وَأَنَّ ٱللَّهَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ ﴿٢٠﴾

شێوەی بو، ئینجا پێغەمبەرﷺ فەرموی: ئەگەر ئەوەی لە پەرواکەی خوادا بوو پیش نەکەوتایە ئەوە بڕیاری من لەگەڵ ئەودا جورێکیتر دەبو}.

(١١) بە ڕاستی ئەوانەی کە ئەو درۆو بوختانەیان کرد تاقمێك بوون لە خۆتان ئەوە بۆ خۆتان بە خراپی مەزانن، بەڵکو ئەوە چاکە بۆتان‌و هۆی تاقیکردنەوەی ڕاستو ناڕاستانەو جیا کەرەوەی پەیرەوانی سوننەت ودژ بە سوننەتانە، بۆ هەمو کەسێك لەوانە ئەوەی کە کردویەتی لە تاوانی ئەم بوختانەی بۆ هەیە، وە ئەو کەسەی کە بەشی گەورەی ئەو تاوانەی هەڵگرت لەناو ئەواندا سزایەکی گەورەی بۆ هەیە. ئەم شانزە ئایەتە دەربارەی دایکی باوەڕداران عایشە(ڕەزای خوای لێبێت) هاتوتە خوارەوە کە ڕوداوەکە بەم شێوە بووە کە عایشە خۆی بۆمان باس دەکاتو دەڵێ: پێغەمبەری خواﷺ هەرکاتێ بیویستایە بچێت بۆ کاروانێك تیروپشکی دەکرد لەنێوان خێزانەکانیدا هەر کامیان دەرچونایە دەیبرد لەگەڵ خۆیدا، عایشە دەڵێت: لە یەکێك لە غەزاکانیدا تیروپشکی کردو من دەرچوم، جا منیش لە خزمەتی پێغەمبەری خواداﷺ دەر چوم کە ئەم ڕوداوە پاش دابەزینی ئایەتی پەردە (الحجاب) بو، جا من لە کەژاوەیەکدا سوار دەکرامو لە ڕۆیشتندا لە ناویا دەبوم سا کاتێك کە پێغەمبەرﷺ لەو غەزایە لێ بوویەوەو گەڕایەوەو نزیك بوونەوە لە مەدینە شەوێك بڕیاری ڕۆیشتنی کاروانەکەی دا، جا کاتێ کە بڕیاری ڕۆیشتنیان درا منیش بۆ دەست گەیاندن بە ئاو ڕۆیشتم تا لە سوپاکە دور کەوتمەوە، ئەوسا کاتێ کە هاتمەوە لای بنەو بارگەی خۆم دەستم لە سینگەمدا دیم کە گەردنبەنەکەم لە مل دا نەماوە لەبەرئەوە گەڕامەوە بۆ دۆزینەوەی گەردن بەنەکەمو بە دواداگەڕانی کەبو بەهۆی دوا کەوتنم، وە ئەو تاقمەی کە کەژاوەکەیان سوار دەکرد کەژاوەکەی منیان سوار کرد لەسەر ئەو وشترەی کە سواری دەبووم، وە ئەوان وایان زانی بو کە منی تێدایە- ژنان ئەو کاتە سوكبوونو زەبەلاحو گۆشتن نەبون، چونکە شتی کەمیان لە خواردن دەخوارد، لەبەرئەوە ئەو تاقمەش کاتێ کە کەژاوەکەیان بار کرد بو لە قورسیەکەی نەکەوتبونە شکەوەو منیش کچێکی تازە پێگەیشتو بوم، جا ئیتر وشتریان هەڵساند بوو ڕۆیشتبون، منیش پاش ڕۆیشتنی سوپاکە گەردنبەنەکەم دۆزیەوەو هاتمەوە جێگەکەیانو کەسی تێدا نەبو، جا چوومەوە ئەو جێگایەی کە تێیدا بووم چونکە دەمزانی ئەو خەڵکە بەم زوانە دەزانن کە منیان ون کردوەو دەگەڕێنەوە بۆلام، جا لە کاتێکدا کە من لە شوێنی خۆمدا دانیشتبوم، خەو زۆری بۆ هێنامو خەوتم سەفوانی کوڕی موعەتەل لە پاش سوپاکە دەهات، جا کە هاتە لای جێگەکەمو تاپۆی کەسێکی خەوتوی دی، هاتە لامو دیمیو ناسیمی، چونکە ئەو پیش ئەوەی کە ئایەتی پەردە بێت منی دی بوو، جا منیش بە وشەی ﴿ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ﴾ ی ئەو خەبەرم بوویەوەو بە سەرپۆشەکەم دەموچاوی خۆمم داپۆشی، سوێند بە ﷲ یەك قسەی لەگەڵدا نەکردم و یەك قسەیشم لێ نەبیست بێجگە لە وتنی: ﴿ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ

رَاجِعُونَ ﴾ تا وشترەکەی بۆ ییخ کردمو منیش سوار بووم، ئینجا رەشۆی وشترەکەی بە دەستەوە بو تا گەیشتینە سوپاکە کە لە گەرمای نزیکی نیوەڕۆدا خستبویان، جا لەبارەی منەوە تیا چو ئەوەی کە تیا چو،بوختان دەستی پێکرد.

وە ئەوەی کە بەشی گەورەی لەو بوختانەی هەڵگرت عەبدوڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلولی دوورو بوو، جا کاتێك کە گەیشتمەوە مەدینەو مانگێك نەخۆش بوم هەر لەگەڵ گەیشتنەوەمدا – خەڵکیش لەبارەی قسەی تاقمی درۆزنەوە باسیان دەکرد، بەڵام من هیچ شتێکم هەست پێ نەکرد بوو، ئەوەی بەلامەوە جێگەی گومان بوو ئەوە بو کە پێغەمبەری خواﷺ وەکو جارانی‌تر کە نەخۆشبوم لەو نەخۆشییەمەدا زۆر بە لەوزو مۆت نەبو، پێغەمبەری خواﷺ تەنها دەهاتە لامو سەلامی دەکردو دەیووت چۆنی؟ جا ئەوە دەیخستمە گومانەوە هەستم بە هیچ خراپەیەك نەدەکرد، تا پاش ئەوەی کە بەرەو چاکی دەرۆیشتم، جارێك کە بۆ دەست بە ئاو بۆ ناوچەی (مەناسیع) ئەچووم‌و دایکی (میستەح)م لەگەڵدابو – دەر نەئەچوین مەگەر شەواوشەو ئەویش پێش ئەوەی کە ئاودەست لە نزیك ماڵەکانمانەوە دروست بکەین، ئیشمان ئیشی عەرەبەکانی پێشوبو پێمان ناخۆش بو کە ئاودەست لەناو ماڵماندا بێت.

جا منو دایکی میستەح چوین کە کچی ئەبو روهمی کوڕی موتەلیبی کوڕی عەبدو مەناف بو دایکی کچی سەخری کوڕی عامر خوشکی دایکی ئەبوبەکری سدیق بو کوڕەکەی میستەحی کوڕی ئەساسەی کوڕی عەبادی کوڕی موتەلیبە – جا منو کچی ئەبوروهم کاتێ لە ئیشی خۆمان بوینەوەو بەرەوماڵ هاتینەوە، دایکی میستەح پێی لە عەباکەی گیراو کەوتو وتی : بمریت ئەی میستەح، جا پێم وت: قسەیەکی خراپت کرد: قسە بە پیاوێك دەڵێیت کە ئامادەی بەدر بوە؟ وتی: ئەی نەزان، ئەی تۆ نەت بیستوە کە ئەو چی وتوە؟

وتم: ئەو چی وتوە؟ جا دەنگو باسی درۆزنانی بۆ باس کردم ئینجا نەخۆشیەکەم زیاتری کرد، جا کاتێ گەڕامەوە ماڵ پێغەمبەری خواﷺ هاتەلامو سەلامی کردو پاشان فەرموی چۆنیت؟ وتم :رێم پێ دەدەیت بچمەوە لای باوكو دایکم چونکە من ئەم ویست لەوانەوە لەم دەنگو باسە باش تێ بگەم – جا پێغەمبەری خواﷺ رێی پێدام – ئینجا هاتمەوە لای باوكو دایکم، وتم بە دایکم ئەی دایکی خۆم: خەڵك چی دەڵێن؟ وتی : ئەی کچی خۆم، هێواش‌و لەسەر خۆت بە، بە اللهِ کەم بووە ئافرەتێکی شۆخ‌وشەنگ لەلای پیاوێکدا بێت کە هەوێی هەبێ‌و خۆشی بوێت مەگەر زۆر قسەی پڕوپوچیان وت بێت لەبارەیەوە وتی: پاکی‌و بێگەردی بۆ خوا؟ ئایا خەڵك ئەم قسەیە دەکات؟ جا وتی: ئەو شەوە تا بەیانی نە خەوم لێکەوت ونە فرمێسکم وشك بویەوە هەر دەگریام پاشان ئەو رۆژەیشم هەر بەگریان بردە سەر، ئینجا پێغەمبەری خواﷺ لەو کاتەدا وەحی بۆ نەهات‌و عەلی‌و ئوسامەی کوڕی زەیدی بانگ کردو لەبارەی جیا بونەوەی خێزانیەوە پرس‌و رای پێکردن، وتی: ئوسامەی کوڕی زەید بەوەی کە دەیزانی لە دوری خێزانی لەو بوختانەو ئەو خۆشەویستیەی کە هەیبو بۆیان وتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئەوان خاووخێزانی تۆن جگە لە چاکە هیچی‌تر نازانین لەبارەیانەوە، بەڵام عەلی کوڕی ئەبوتالب وتی: خوا تەنگانەی دانەناوە بۆ تۆو جگە لەو ژنان زۆرن‌و ئەگەر پرسیار لەو کەنیزە بکەی راستیت پێدەڵێت، وتی: جا پێغەمبەری خواﷺ بەریرەی بانگ کردو فەرموی: ئەی بەریرە ئایا لە عایشەوە شتێکت دیوە کە بتخاتە گومانەوە؟ بەریرەیش پێی وت: بەو کەسەی کە تۆی بە راستی رەوانە کردوە هەرگیز هیچ عەیبێکم لێنەدیوە زیاد لەوەی کە کچێکی منداڵەو لە کاتی هەویر شێلاندا خەوی لێدەکەوت و کارەساوا ومریشك‌و شت دەهاتن‌و هەویرەکەیان دەخوارد، جا پێغەمبەریﷺ هەستاو لەناو یارەکانیدا لەسەر مینبەردا فەرموی: کێ داوای لێبوردنم لێ دەکات لەبارەی پیاوێکەوە – عەبدوڵای کوڕی ئوبەی- کە لەبارەی خاو

خێزانمەوە ئازاری داوم؟ بەخوا جگە لەچاکە لەبارەی خێزانمەوە شتێکیتر نازانمو پیاوێکیان باس کردوە جگە لە چاکە لەویش شتیتر شك نابەم ولەگەڵ خۆمدا نەبێ نەهاتۆتە ناو خێزانی من، ئینجا سەعدی کوڕی موعازی یاریدەر هەستاو وتی: من داوای چاوپۆشی لەتۆ ئەکەم لەبارەی ئەوەوە ئەی پێغەمبەری خواﷺ، ئەگەر لەتیرەی ئەوس بوایە لەگەردنمان دەدا ولە برا خەزرەجیەکانمانەو ئەگەر بفەرمویت وای لەگەلدا ئەکەین، وتی: جا سەعدی کوڕی عوبادە کە گەورەی خەزرەجیەکان بو هەستاو هەرچەند پیاوێکی چاكبو بەڵام دەمارگیری هەڵینا لەسەر ئەوەو بە سەعدی کوڕی مەعازی وت: بەخوا نایکوژیتو ناتوانی بیکوژیت، ئینجا ئوسەیدی کوڕی حوزەیر کە ئامۆزای سەعدی کوڕی مەعاز بو هەستاو بە سەعدی کوڕی عوبادەی وت : درۆ ئەکەیت، بەخوا دەیکوژین، تۆ

مونافیقیتو پارێزگاری لە مونافقان دەکەیت، بەخوا دەیکوژین جا ئەو دووتیرەی ئەوسو خەزرەجە لەیەك هەستانو خەریك بو لەیەکتر بدەن وپێغەمبەری خواﷺ لەسەر مینبەر بو هەر خەریکی هێواش کردنەوەیان بوو بە دەمو بەئیشارەتی دەست تا بیدەنگ بوونو پێغەمبەریشﷺ بێدەنگ بو، وتی: ئەو رۆژەش تا شەوو ئەو شەوەی دوهەمیش تارۆژ بویەوە نەخەوتمو فرمێسکم وشك نەبوویەوەو هەر دەگریامو باوكو دایکم پێیان وابو کە ئەو گریانە دڵم لەت دەکات، وتی: لە کاتێکدا کە هەردووکیان لەلام دانیشتبون ومن دەگریام، ئافرەتێکی یاریدەدەر (انصاری) ماوەی لێخواستم کە بێتەلام منیش رێم پێداو جا دانیشت لە گەڵما دەگریا، لەو کاتەدا کەئێمە ئاوا بوین پێغەمبەری خواﷺ هاتە لامانو سەلامی کردو پاشان دانیشت، لەو کاتەی کە ئەو قسەیەم لە بارەوە کرابو لەلام دانەنیشتبو مانگێکی پێچو لەبارەی منەوە وەحی بۆ نەهات، وتی: پێغەمبەری خوا کاتێ دانیشت حەمدو سوپاسی خوای کردو شایەتی راستەقینەی بۆ لێداو پاشان پاش سەلامو تەحیەبۆ ﷲ وتی: { يَا عَائِشَةُ فَإِنَّهُ بَلَغَنِي عَنْكِ كَذَا وَكَذَا فَإِنْ كُنْتِ بَرِيئَةً فَسَيُبَرِّئُكِ اللَّهُ وَإِنْ كُنْتِ أَلْمَمْتِ بِذَنْبٍ فَاسْتَغْفِرِي اللَّهَ وَتُوبِي إِلَيْهِ فَإِنَّ الْعَبْدَ إِذَا اعْتَرَفَ بِذَنْبِهِ ثُمَّ تَابَ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ/واتە: ئەی عایشە من لەبارەی تۆوە ئەوەو ئەوەم پێگەیشتووە جا ئەگەر تۆ بێتاوان بی بەم زوانە ﷲ پاکانەییت بۆ ئەنێرێوبێتاوانیت دەرئەخات. وە ئەگەر تاوانێکیشت کردوە داوای لێخۆشبون لە ﷲ بکەو پەشیمان بەرەوە، چونکە بە راستی بەندە هەرکاتێ دانینا بە تاوانیداو پاشان پەشیمان بویەوە ﷲ ئەو پەشیمان بوونەوەی لێوەردەگرێت.}

عایشە وتی: کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ لەقسەکەی بوویەوە فرمێسکم نەما تەنانەت هەستی دڵۆپەیەکیشم نەکرد جا بە باوکمم وت: لە باتی مندا وەڵامی پێغەمبەری خوا ﷺ بدەرەوە، وتی: بەخوا نازانم چیبڵێم بە پێغەمبەر،جا بەدایکمم وت: وەڵامی پێغەمبەری خوا ﷺ بدەرەوەو ئەویش وتی: بەخوا نازانم چی بڵێم بە پێغەمبەری خوا ﷺ،

وتی: منیش وتم من کچێکی تازە پێگەیشتوم زۆر لەقورئان شارەزا نیم، سوێند بە (الله) من دەزانم کە ئێوە ئەمەتان بیستوەو لە دڵتاندا جێگیر بوەو باوەڕتان پێکردوە. وە ئەگەر من بڵێم پاکم لەوقسەیە کەﷲ دەزانێ من پاکم، باوەڕم پێناکەن وە ئەگەر دان بنێم بە شتێکدا کە خوای گەورەو بەشکۆ ئاگادارە کە من دورم لەوە باوەڕم پێئەکەن، بە ﷲ من بۆ خۆم وبۆ ئێوە وێنەیەك نابینم جگە لەوەی کە باوکی یوسف وتی:﴿ ئیشم خۆگرتنێکی جوانە هەرخوا یارمەتی دەرە لەسەر ئەوەی کە ئێوە باسی دەکەن﴾ یوسف: ١٨.

عایشە وتی: پاشان پشتم هەڵچەرخاندو لەسەر جێگەکەی خۆم راکشام وتی: بە خوا من ئەو کاتە دەمزانی کە بێتاوانمو دڵنیا بووم کە ﷲ بێتاوانیم دەردەخات بەڵام سوێندبە ﷲ گومانم نەدەکرد لەبارەی منەوە وەحی بێتو بخوێنرێتەوە، خۆم لەوە کەمتر دەگرت کە ﷲ لەبارەی منەوە بە شێوەیەك بدوێ کە بخوێنرێتەوە. بەڵام من چاوەڕوان بوم کە پێغەمبەری

خواﷺخەوێك ببینێ كە ﷲ بێتاوانی منی بۆ دەربخات، سوێند بە ﷲ هێشتا پێغەمبەری خواﷺ نەیویستبو لەجێگەی خۆیی هەڵسیو هیچ كەسیش لەخەڵكی ئەمماڵە نەچونە دەرەوە تا ﷲ پەیامی ناردە لای پێغەمبەرەكەیو ناڕەحەتیو قورسی هاتنی وەحی، پێغەمبەری داگرت كە زۆر توندو بەهێز بو تارادەیەك كە لە ساردترین رۆژدا ئارەق لە نێوچاوانی وەك مرواری دەهاتە خوارەوە، جا كاتێك وەحیەكە لەسەر پێغەمبەریﷺ تەواو بو لەو حاڵەدا كە پێدەكەنی، یەكەم قسەی ئەوەبو كە وتی:{ يَا عَائِشَةُ احْمَدِي اللَّهَ فَقَدْ بَرَّأَكِ اللَّهُ/ مژدەت لێ بێ ئەی عایشەو سوپاسی ﷲ بكە بێگومان كەﷲ بێ تاوانی تۆی راگەیاند}

جا دایكم پێی وتم : هەڵسە بچۆ لای پێغەمبەرو سوپاسی بكە،

جا وتم: بەﷲ ناچمە لایو سوپاسی جگە لەﷲیش ناكەم. جا دە ئایەتی سەبارەت بە پاكو خاوێنی من رەوانە كرد}

(١٢) ئینجا پەروەردگار دەفەرموێ: ئەوە بۆ كاتێك كە ئەو هەواڵە پیسەتان بیست پیاوانی باوەڕدارو ئافرەتانی باوەڕدار گومانی چاكیان بە براو خوشكی خۆیان نەبردو نەیان وت : ئەمە درۆیەكی رونەو نابێ باس بكرێت؟!

(١٣) دەی ئەگەر راست ئەكەن با چوار شایەتیان هەبوایە، جا چونكە راستیان نەكردو شایەتیان نەهێنا بو، خۆ بیانەوێ یان نەیانەوێ لەلای ﷲ هەر ئەوانەن درۆزن.

(١٤) ئەوسا ئەگەر چاكەی ﷲ نەبوایە بۆ ئێوەو لە دنیاو قیامەتا رەحمی پێنەكردنایەو بەزەیی پێتاندا نەهاتایەوە، چاك بزانن لەبەر ئەو درۆیەی كە دەمەودەمتان پێدەكرد سزایەكی گەورەتان پێدەگەیشت.

(١٥) ئەوكاتەی كە ئەم درۆتانە لەیەكتر وەردەگرتو بە زمانو دەمتان دەتان وتەوە بە بێ ئەوەی كە شتێكی لێ بزانن، جا بە شتێكی سوكو ئاسانتان دەزانی وپێتان وایە وتنی ئەو درۆ ناڕەوایە ئاسانە لە كاتێكدا ئەو بوختانە لەلای ﷲ زۆر گەورەیە.

(١٦) ئەوە بۆ كاتێ ئەوەتان بیست نەتان وت: بۆ ئێمە رەوا نیە لە بارەی ئەم بوختانەدا قسەی ئاوا بكەین؟ ئەی ﷲ ئاوا بوختانێك بە ماڵی هەڵبژاردەو نوێنەری زمان پاكو رەوشت بەرزت بكرێت نیشانەی تانەو تەشەردانە لەو نوێنەرەی كە هەڵت بژاردوەو رەوانەت كردوەو رەخنەیە لە كاری تۆ بەڵام تۆ لە هەمو بڕیارو كردارتا پاكو بێ عەیبیو نا بێ ئەو ماڵە هەڵبژاردەی تۆ ئاوا عەیبێك روی تێبكات، وە ئەمە بوختانێكی زۆر گەورەیە.

(١٧) ﷲ ئامۆژگاریتان دەكات كە ئیتر هەرگیز قسەی ئاوەها نەكەنو نەگەڕێنەوە بۆ تاوانی ئاوەها ئەگەر ئێوە باوەڕدارن، ئاشكرایە نەوەكانی (عەبدوڵای كوری سەبە) ئەم مەرجەیان تێدا نیەو گوێیان بە ئەم ئامۆژگاری ﷲیە نەداوەو ئیستاش هەر بەردەوامن لە سەر ئەو بوختانە گەورەیە، بەڵكو لەویش خراپتر زانای! شیعە (رجب البرسی) لە كتێبی (مشارق أنوار اليقين)دا باس دەكاتو دەڵێ: (إنَّ عائشةَ جَمَعَت أربَعينَ ديناراً مِن خِيانةٍ/ عایشەی خێزانی پێغەمبەرﷺ بە زینا چل دیناری كۆكردوەتەوە) ئیمەش دەڵێین: ﴿ سُبْحَٰنَكَ هَٰذَا بُهْتَٰنٌ عَظِيمٌ ﴾ النور: ١٦ / تۆ لە هەمو بڕیارو كردارتا پاكو بێعەیبی، ئەمە بوختانێكی زۆر گەورەیە) بەڵگەی خوانەناسی بوختانكەرانە.

۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ وَمَن يَتَّبِعۡ
خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۚ وَلَوۡلَا فَضۡلُ
ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ أَبَدٗا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّي
مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿٢١﴾ وَلَا يَأۡتَلِ أُوْلُواْ ٱلۡفَضۡلِ مِنكُمۡ
وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤۡتُوٓاْ أُوْلِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينَ وَٱلۡمُهَٰجِرِينَ فِي
سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَلۡيَعۡفُواْ وَلۡيَصۡفَحُوٓاْۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ
وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿٢٢﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡغَٰفِلَٰتِ
ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ لُعِنُواْ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿٢٣﴾
يَوۡمَ تَشۡهَدُ عَلَيۡهِمۡ أَلۡسِنَتُهُمۡ وَأَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ
﴿٢٤﴾ يَوۡمَئِذٖ يُوَفِّيهِمُ ٱللَّهُ دِينَهُمُ ٱلۡحَقَّ وَيَعۡلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ
ٱلۡمُبِينُ ﴿٢٥﴾ ٱلۡخَبِيثَٰتُ لِلۡخَبِيثِينَ وَٱلۡخَبِيثُونَ لِلۡخَبِيثَٰتِۖ
وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِۚ أُوْلَٰٓئِكَ مُبَرَّءُونَ
مِمَّا يَقُولُونَۖ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ﴿٢٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ بُيُوتِكُمۡ حَتَّىٰ تَسۡتَأۡنِسُواْ
وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَاۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾

(١٨) جا ﷲ نیشانەکانی رۆشن دەکاتەوە بۆتان تا بیزانن‌و پەیڕەوی بکەن‌و نەکەونە ناو تاوانی ئاوەها گەورەوە، خۆ ﷲ زۆر زانایە بە کارەکانتان‌و دانایە بەو شتانەی کە بۆتان دیاری دەکات‌و بەجێیە بڕیارەکانی.

(١٩) ئینجا ﷲ هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێ کۆمەڵگای ئیسلامی ناشیرین‌و عەیبداربکەن‌و دەفەرموێ: بە بێگومان ئەو کەسانەی کە پێیان خۆشە کاری داوێن‌پیسی لەناو باوەڕدارانىدا بلاّو ببێتەوە، ئەوانە سزایەکی دەردناکیان ئە دنیاو لە پاشەرۆژدا بۆ هەیە، خۆ ﷲ دەزانێ کە ئەوتاوانە چەندە گەورەیە، لەکاتێکدا ئێوە نازانن، جا ئەم سزاو هەڕەشە توندە بۆ ئەوانەیە کە پێیان خۆشە کاری داوێن پیسی بلاّو ببێتەوە ئەی ئەبێ سزای ئەو کەسانە چۆن بێت کە خۆی خەریکی بلاّوکردنەوەی بێت؟!

(٢٠) ئەوسا ئەگەر چاکەو سۆزی ﷲ بەسەر ئێوەدا نەبوایە لە سەر ئەو تاوانە سزای توندی دەدان‌و رسوای دنیاو دوا رۆژی دەکردن، بەلاّم باش بزانن کە بێگومان ﷲ میهرەبان‌و دلۆڤانە بۆیە ئاوەها چاوپۆشی لێ‌کردوون.

(٢١) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە دوای هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون‌و پەیڕەوی لێ نەکەن، چونکە هەر کەسێك پەیڕەوی هەنگاوەکانی شەیتان بکات‌و بە شوێنیا بڕوات ئەوسا ئەو رەحمی پێ‌ناکات، بەڵکو بێگومان ئەو فرمانی داوێن پیسی‌و کاری خراپی بەسەردا دەدات‌و سەرئەنجام شەرمەندەو رسوای دنیاو قیامەتی دەکات‌و تۆڵەی باوە گەورەی لێ‌دەکاتەوە، خۆ ئەگەر چاکەو بەزەیی ﷲ نەبوایە بۆتان هەرگیز هیچ کەسێك لە ئێوە پاك نەدەبووەوە بەلاّم ﷲ هەرکەسێکی ئارەزۆ لێ بێت لە تاوان پاکی دەکاتەوەو دەیبەخشێت، ئەوسا ﷲ بیسەری هەمو قسەکانتانە، جا ئاشکرا بێت یان پەنامەکی، وە زانەرە بە هەمو هەڵس‌و کەوتێکتان.

(٢٢) با ئەوانەی کە خاوەن چاکەن لەناو ئێوەداو خوا پێیداون‌و هەیانە، سوێند نەخۆن لەسەر ئەوەی کەشت نەدەن بە خزمان‌و بێ نەوایان‌و کۆچکەرانی رێگای ﷲ، با چاوپۆشی بکەن‌و لە هەڵەکانیان ببورن‌و باسیان نەکەن ئایا پێتان خۆش نیە کە ﷲ لێتان خۆش ببێت؟بەدڵنیاییەوە کە ﷲ زۆر چاوپۆشیکەرەو بینیهایەت میهرەبانە. هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوە بوکە ئەبوبەکر- خوالێی رازی بێت - یارمەتی (میستەح)ی خزمی کە کۆچەری‌و کەم دەست بو دەدا، جا چونکە لە بلاّوکردنەوەی بوختان بۆ عایشەی دایکی باوەڕدارانىدا - خوالێی رازی بێت - (میستەح)یش یەکێك بو لەوانە، بۆیە ئەبوبەکریش - خوالێی رازی بێت -

سوێندی خوارد کە ئیتر یارمەتی نەدات، بەڵام ﷲ ئەم ئایەتەی نارد، ئینجا ئەبوبەکر وتی : بەرێ وەڵڵاهی لێ خۆشبونی خوام پێ خۆشە، مەرج بێت هەروەکو پێشو یارمەتی بدەمو هەرگیز لێی نەبڕم.

(٢٣) بێگومان ئەوانەی کە بوختان دەکەن بۆ ئافرەتانی پاك داوێنی بێ ئاگای باوەڕدار، ئەوانە دور کراون لە رەحمەتی ﷲ لەدنیاو لەدوا رۆژداو سزایەکی یەکجار گەورەیان بۆ هەیە.

(٢٤) لە ئەو رۆژەدا کە زمانیانو دەستیانو پێکانیان لە سەر ئەوەی کە دەیکەن شایەتیان لێ دەدەن، جا ئەو رۆژە هەرچییان کردوە ئاشکرا دەبێت.

(٢٥) لەو رۆژەدا ﷲ جەزایەکی دادپەروەرانەیان پێ دەدات، وە ئەو کاتە دەزانن بە بێگومان کە ﷲ هەر خۆی راستەو رۆشنکەرەوەی راستو ناڕاستەو بەهانە بڕی تاوانبارانە.

(٢٦) هەر چی ئافرەتی پیسە بۆ پیاوانی پیسەو هەرچی پیاوانی پیسیشە بۆ ئافرەتانی پیسەو هەرچی ئافرەتی پاکە بۆ پیاوانی پاکەو هەرچی پیاوانی پاکیشە بۆ ئافرەتانی پاکە،

خۆ خانەوادەی پێغەمبەرﷺ و ئەبوبەکر پاکنو دوورن لەو بوختانەی کە ئەوان دەیڵێن بەڵکو بۆ ئەوان لێ خۆش بونی ﷲو رۆزیەکی بەرێز هەیە. دیارە سەروەری پاکان پێغەمبەری خوایەﷺ و خیزانەکانیشی پاکترینی ئافرەتانن، جا تەماشا بکەنو بزانن کە شیعە چەند تاوانبارو بێباوەڕن بەم قورئانە ئەوان ئەو ئیفتراو بوختانەی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی مونافق بۆ عایشە بە راستو دروست دادەنێن بەڵام باوەڕیان بە پاکانەی ﷲ نیە، جا ئەگەر عایشە بە قسەی ئەوان داوێن پیسە دەبێ بڵێن پێغەمبەریشﷺ وایە یان پێغەمبەر لەم ئایەتە تێنەگەیشتوە یان لەم بارەوە بەگوێی خوای نەکردوە؟ جا کامیان دەڵێن با بڵێن یەکێکیان بەسە بۆ کافر بوونو دەرچون لە ئیسلام، جا یان ﷲ ژیریان کاتو رێنمای رێگای راستیان بکات ئەگەر نەزاننو بەتەمای خراپەو دژایەتی ئایین نین ئەگیناﷲ وەك عەبدوڵای مامۆستایان رسوایان بکاتو لەناویان ببات،

بەراستی ئەمانە بەدرێژای مێژوی ئیسلام دوژمنی رێگای راست بونو خەنجەرێکی ژەهراوی وکوشندە بوون لە پشتەوە بۆ موسڵمانان، قازی ئەبو یەعلا دەڵێت:"مَن قَذَفَ عائِشَةَ بما بَرَّأَها اللهُ مِنهُ كَفَرَ بِلا خِلافٍ" /الصارم المسلول/ هەرکەسێك بوختان بکات بۆ عائیشە ـ خوالێی رازی بێت ـ بەوەی کە ﷲ پاکانەی بۆ کردوە بە بێ هیچ ناکۆییەك کافر بوە"

وە هەروەها ئیبنو حەجەری هەیتەمی دەڵێت: :"عُلِمَ مِن حديثِ الإفكِ أنَّ مَن نَسَبَ عائشةَ إلى الزِّنا كان كافراً، وقد صَرَّحَ بِذلك أئِمّتُنا وغيرُهُم لأنَّ في ذلكَ تَكذِيبُ النُّصُوصِ القرآنيَّةِ، وَمُكَذِّبُها كافرٌ بإجماعِ المسلمينَ"/ الصواعق المحرقة/ واتە: لە حەدیسی ئیفکەوە دەزانرێت کە بێگومان هەرکەسێ کاری خراپو داوێن پیسی پاڵ بداتە لای عایشە، ئەو کەسە کافرە.

وە پێشەوایانی ئێمەو جگە لەوانیش ئەمەیان بە راشکاوی وتووە چونکە لەوەدا بە درۆ خستنەوەی دەقەکانی قورئانە. خۆ هەر کەسیش دەقەکان بەدرۆ بخاتەوە بەکۆی دەنگی موسڵمانان (الاجماع) کافرە".

(٢٧) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە جگە لەماڵی خۆتان نەچنە هیچ ماڵێکی ترەوە تا خۆتان دەناسێننو ئیجازە دەگرنو سەلام دەکەن لە خەڵکی ئەو ماڵە، ئەوە چاکە بۆ ئێوە بەشکم ئێوەیش دەرسو ئامۆژگاری لێ

فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فِيهَآ أَحَدٗا فَلَا تَدۡخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤۡذَنَ لَكُمۡۖ وَإِن
قِيلَ لَكُمُ ٱرۡجِعُواْ فَٱرۡجِعُواْۖ هُوَ أَزۡكَىٰ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ
عَلِيمٞ ٢٨ لَّيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ أَن تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ مَسۡكُونَةٖ
فِيهَا مَتَٰعٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا تَكۡتُمُونَ ٢٩
قُل لِّلۡمُؤۡمِنِينَ يَغُضُّواْ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِمۡ وَيَحۡفَظُواْ فُرُوجَهُمۡۚ
ذَٰلِكَ أَزۡكَىٰ لَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا يَصۡنَعُونَ ٣٠ وَقُل لِّلۡمُؤۡمِنَٰتِ
يَغۡضُضۡنَ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِنَّ وَيَحۡفَظۡنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبۡدِينَ
زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنۡهَاۖ وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ
وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوۡ ءَابَآئِهِنَّ أَوۡ
ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوۡ أَبۡنَآئِهِنَّ أَوۡ أَبۡنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوۡ
إِخۡوَٰنِهِنَّ أَوۡ بَنِيٓ إِخۡوَٰنِهِنَّ أَوۡ بَنِيٓ أَخَوَٰتِهِنَّ أَوۡ نِسَآئِهِنَّ أَوۡ
مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُنَّ أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيۡرِ أُوْلِي ٱلۡإِرۡبَةِ مِنَ
ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفۡلِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يَظۡهَرُواْ عَلَىٰ عَوۡرَٰتِ ٱلنِّسَآءِۖ
وَلَا يَضۡرِبۡنَ بِأَرۡجُلِهِنَّ لِيُعۡلَمَ مَا يُخۡفِينَ مِن زِينَتِهِنَّۚ وَتُوبُوٓاْ
إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣١

وەربگرن، نەکەن هەروا لە خۆتانەوە خۆتان بکەن بە ژوردا ئەوەکارێکی ناپەسەندەو زۆرجاریش دە بێ بەهۆی شەرمەندەیی‌و خەمێکی هەمیشەیی.

٢٨ جا ئەگەر کەستان تێدا نەبینی‌و چۆڵ بو نەکەن بچنە ناویەوە هەتا ڕێگەتان پێ‌نەدرێت، بە ڕاستی سەر بەخۆچونە ژورەوەی ئەم جۆرە جێگایانە ئایندەی چاك نابێت، جا ئەگەر پێتان وترا بگەڕێنەوە ئەوسا ئێوەیش بگەڕێنەوە بە بێ‌ئەوەی کە دلگران ببن، چونکە ئەوە چاك‌و پاکترە بۆتان لە قسەو قسەلۆك هەڵبەستن بۆ یەکتر، خۆ اللە زۆر زانایە بەوەی کە ئێوە ئەیکەن.

٢٩ هیچ تاوانێکتان لەسەر نیە کە بچنە ماڵێکەوە کە کەسی تێدا نەبێت‌و کەل‌وپەلی خۆتانی تێدا بێت ئەوسا اللە دەزانێ بەئەوەی کە ئێوە ئاشکرای دەکەن‌و ئەوەش کە دەیشارنەوەو هیچی لێ ون نابێ‌و دەزانێت کە بەچ نییەت‌و مەبەستێك دەچنە ناو ئەو ماڵانەوە.

٣٠ ئەی پێغەمبەرﷺ تۆ بە پیاوانی باوەڕدار بڵێ: با چاویان لە ئاستی نامەحرەم داخەن‌و شەرمگای خۆیان بپارێزن لە داوێن پیسی‌و خراپە ئەوە خاوێنترو پاکترە بۆ خۆیان‌و کۆمەلگایان، بێگومان اللە زۆر ئاگادارە بەوەی کە دەیکەن.

٣١ جا بە ئافرەتانی باوەڕداریش بڵێ: چاویان لە ئاستی پیاوانی نامەحرەمدا داخەن‌و شەرمگای خۆیان بپارێزن لە داوێن پیسی‌و خراپە، وەبا خشڵی خۆیان دەرنەخەن مەگەر ئەو خشڵانەی کە بە دەرەوەیە با بە سەرپۆشیان سەرو یەخەو سنیگیان داپۆشن، وە با خشڵی خۆیان دەرنەخەن مەگەر بۆ مێردیان یان لای باوکیان یان باوکی مێردیان یان لای کوڕانیان یان کوڕانی مێردیان یان لای براکانیان، یان کوڕانی براکانیان یان کوڕانی خوشکیان یان لای ژنانی هاو باوەڕی خۆیان یان غوڵامانێك کەبوون بەمولکیان، یان ئەو پیاوانەی کە هەمیشە لەو ماڵەدان‌و هیچ نیازێکیان بە ژن نیە، جا لەبەر هەر هۆیەك ببێ یان لای ئەو منداڵانەی کە نەگەیشتونە ئەو تەمەنەی کە ئارەزۆی ژن بکەن‌و ئاگایان لە شەرمگەی ژنان نییە، وە ژنان لەکاتی ڕۆیشتندا بە جۆرێك پێ بە زەویدا نەدەن کە خشڵی شاراوەیان وەك: خرخاڵ‌و پاوەن بزرنگێتەوەو پێی بزانرێت، ئەی باوەڕداران بەرەو لای اللە بگەڕێنەوەو لە هەڵەو تاوان پەشیمان ببنەوەو تەوبە بکەن، بەڵکو سەرکەوتو رزگاربن. ئەوەیە ئەرکی ئافرەتانی خاوەن باوەڕو لادان لەو خۆچواندنە بە کافرو خوانەناسانەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:{ مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُ /ابوداود، صححه الالباني / هەرکەسێك خۆی بچوێنێ بەگەلێکەوە لەگەل ئەودا حیسابی بۆدەکرێت}

٣٢ هاوسەر بۆ پیاوانی بێ‌ژن‌و ژنانی بێ‌مێردی ناوخۆتان پەیدا بکەن، هەروەها بۆ چاکان لە بەندەکانتان‌و کەنیزەکانتان. واتە: با کەس بە بێ هاوسەرو ڕەبەن نەمێنێتەوە، جا ئەگەر کەم دەست بوون اللە بە چاکەی خۆی بێ‌نیازیان دەکات، وە بەخششی اللە فرەوانە لە بۆ بەندەکانی‌و اللە زۆر زانایە بە بارودۆخی ژیانیان، ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە هەر ئەوەندەیان

هەیە کە ژن بهێنن‌و لەوە زیاتر شتێکی وایان نیە، بەڵام بۆ ئەوانەی کە هەرهیچیان نەبێ دەفەرموێ:

(٣٣) با ئەوانەی کە توانای ماڵیان نیە بۆژن هێنان خۆیان بگرن تا ﷲ لە چاکەی خۆی بێ‌نیازیان دەکات، وە ئەو بەندەو کەنیزانە کە داوای کڕینەوەی خۆیان دەکەن، جا ئێوەش ئەگەر زانیتان ماڵ پەیدا دەکەن‌و لێیان دەوەشێتەوە بۆ خۆ کڕینیان ماوەیان بۆ دیاری بکەن‌و بۆیان بنوسن، وە ئەی باوەڕداران لەو ماڵەی کە ﷲ پێی‌داون پێیان بدەن، واتە: یان لەوەی بۆتان داناون کەمی بکەنەوە یان ماڵیان پێ بدەن تا بتوانن خۆیان ئازاد بکەن، هەر وەك دەزانن کە زەکاتدان واجبەو بەشێکی بۆ ئازاد کردنی ئەو بەندەو کەنیزانە دانراوە. لە فەرمودەدا هاتوە کە پێغەمبەری خواﷺفەرمویەتی:{ ثَلَاثَةٌ حَقٌّ عَلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ عَوْنُهُمْ الْمُكَاتَبُ الَّذِي يُرِيدُ الْأَدَاءَ وَالنَّاكِحُ الَّذِي يُرِيدُ الْعَفَافَ وَالْمُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ./ الترمذي والنسائي وابن ماجه. حسنه الالباني / واتە: سێ کەس هەن کە ﷲ پێویستی کردوە لەسەر خۆی کە یارمەتیان بدات: ئەو بەندەو کەنیزەیە کە لەگەڵ خاوەنەکەیدا ڕێك دەکەوێت کە خۆی بکڕێتەوە، وە ئەو کەسەی کە ژن دەهێنێ‌و مەبەستی پاکداوێنیە، مادام توانایی مارەییەکەی هەبێت، با لە ژیانی ئایندەی نەترسێت چونکە ﷲ یارمەتی دەریەتی. وە ئەوەی کە لە ڕێگای ﷲدا دەجەنگێت}.

ئینجا ﷲ ڕێگە بەو نەفس نزمانە نادات کە ئەو کەنیزانە لەداوێن پیسیدا بە کار بهێنن بۆ بەدەست هێنانی سەروەت‌و سامان‌و دەفەرموێ: نەکەن کە زۆر بکەن لە کەنیزەکانتان بۆ داوێن پیسی لە کاتێکدا کە ئەوان خۆیان بە ئارەزۆی خۆیان خۆ دەپارێزن لەو کارە پیسە، ئەگەر چی ئافرەت‌و کۆیلەیشن بەڵام تۆ پیاوی‌و ئازادی کەچی دەتەوێت بەو ئیشە پیسە سەروەت‌و سامانی دنیایت دەسکەوێت؟! جا هەر کەسێك زۆر لەوان بکات‌و توشی زینایان بکات با ئەو کەنیزانە لەسۆزی ﷲ نائومێد نەبن، بێگومان کە ﷲ پاش ئەوەی کە ناچاریان

وَأَنكِحُوا۟ ٱلْأَيَـٰمَىٰ مِنكُمْ وَٱلصَّـٰلِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَآئِكُمْ ۚ إِن
يَكُونُوا۟ فُقَرَآءَ يُغْنِهِمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٢﴾
وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ
وَٱلَّذِينَ يَبْتَغُونَ ٱلْكِتَـٰبَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ
عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا ۖ وَءَاتُوهُم مِّن مَّالِ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ ءَاتَىٰكُمْ ۚ وَلَا
تُكْرِهُوا۟ فَتَيَـٰتِكُمْ عَلَى ٱلْبِغَآءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا۟ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ
ٱلدُّنْيَا ۚ وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ مِنۢ بَعْدِ إِكْرَٰهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ
﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ ءَايَـٰتٍ مُّبَيِّنَـٰتٍ وَمَثَلًا مِّنَ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟
مِن قَبْلِكُمْ وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٣٤﴾ ۞ ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشْكَوٰةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ ۖ ٱلْمِصْبَاحُ فِى زُجَاجَةٍ ۖ
ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّىٌّ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَـٰرَكَةٍ زَيْتُونَةٍ
لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِىٓءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ ۚ
نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ ۗ يَهْدِى ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَـٰلَ
لِلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣٥﴾ فِى بُيُوتٍ أَذِنَ ٱللَّهُ أَن تُرْفَعَ
وَيُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ يُسَبِّحُ لَهُۥ فِيهَا بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْـَٔاصَالِ ﴿٣٦﴾

کردوون زۆر لێ‌خۆش بوو بێنیهایەت میهرەبانەو لە تاوان‌و خراپەکانیان خۆش دەبێ‌و تاوانیان هەرلە سەر ئەو کەسانەیە کە زۆریان لێ کردوون.

(٣٤) جا بەراستی ئێمە نیشانە گەلێکی ڕوشنکەرەوەمان ناردوەتە لاتان کە قورئانە، وە بەسەرهات‌و وێنە گەلێکی زۆر لەو کەسانەی کە لەپێش ئێوەدا ڕۆیشتوون باسمان کردوە بۆتان. وە بۆ ئەوانەی کە پارێزکارن‌و خۆیان لە دژایەتی فرمانی خواو پێغەمبەرەکەیﷺ پاراستوە ئامۆژگاری گرنگمان ڕەوانە کردوە، ئاشکرایە کە قورئان ئامۆژگاری‌و دەرسە بۆ هەمو کەسێك، بەڵام چونکە هەر خواناسانی ڕاست سودی لێ وەردەگرن وەك ئەوە وایە کە هەر بۆ ئەوان هات بێت.

(٣٥) ﷲ روناکی ئاسمانان‌و زەوییە، وێنەی نوری ئەو وەك تاقێکە کە هەمو لای گیراوە جگە لە یەك لا نەبێت کە ئەو تاقە چرایەکی تێدا بێت‌و ئەو چرایەش لە شوشەیەك دابێت‌و ئەو شوشەیەش لەپاك‌و خاوێنیداوەك ئەستێرەیەکی زۆر روناك بدرەوشێتەوە، بە ڕۆنێك

رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَإِقَامِ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءِ
ٱلزَّكَوٰةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ ٱلْقُلُوبُ وَٱلْأَبْصَـٰرُ ﴿٣٧﴾
لِيَجْزِيَهُمُ ٱللَّهُ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ يَرْزُقُ
مَن يَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَعْمَـٰلُهُمْ كَسَرَابٍۭ
بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ ٱلظَّمْـَٔانُ مَآءً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَهُۥ لَمْ يَجِدْهُ شَيْـًٔا
وَوَجَدَ ٱللَّهَ عِندَهُۥ فَوَفَّىٰهُ حِسَابَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٣٩﴾
أَوْ كَظُلُمَـٰتٍ فِى بَحْرٍ لُّجِّىٍّ يَغْشَىٰهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِۦ مَوْجٌ مِّن
فَوْقِهِۦ سَحَابٌ ۚ ظُلُمَـٰتٌۢ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَآ أَخْرَجَ يَدَهُۥ لَمْ
يَكَدْ يَرَىٰهَا ۗ وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورًا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ ﴿٤٠﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّ
ٱللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلطَّيْرُ صَـٰٓفَّـٰتٍ ۖ كُلٌّ قَدْ
عَلِمَ صَلَاتَهُۥ وَتَسْبِيحَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٤١﴾ وَلِلَّهِ مُلْكُ
ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿٤٢﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُزْجِى
سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُۥ ثُمَّ يَجْعَلُهُۥ رُكَامًا فَتَرَى ٱلْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ
خِلَـٰلِهِۦ وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِنۢ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ
وَيَصْرِفُهُۥ عَن مَّن يَشَآءُ ۖ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِۦ يَذْهَبُ بِٱلْأَبْصَـٰرِ ﴿٤٣﴾

هەلگرێت کە لە درەختی پڕ پیتو بەرەکەت بێ، درەختی زەیتونێك کە بەردەوام تیشکی خۆر لێی بدات کە ڕۆنەکەی بێ ئەوەی ئاگری پێ بگات ئەوەندە پاكو پاڵفتەیە کە نزیکە خۆی روناکی بدات، روناکی لەسەر روناکی، جا کێی ئارەزۆ لێبێت رێنمایی دەکات بۆ ئەو روناکی ونورەی خۆی. جا وێنەکان دەهێنێتەوە بۆ خەڵك بۆ ئەوەی پەندو ئامۆژگاری لێبگرنو ببێتە مایەی خۆشبەختی هەر دوو دنیایان، خۆ زانیاری هەیە بەسەر هەمو شتێکداو نە گەورە نە بچوك هیچی لێ ون نابێت. جا ئەم نمونەی کە لەم وێنەدا باسی دەکات تێمان دەگەیەنێت کە نوری روناکییەکیی واتاییەو بە چاوی سەر هەستی پێ ناکرێت، شێوەی ئەم وێنە وەك لایتێکی شوشەیی پاكو شەوقنە کە روناکییەکەی بە بێ بڵاو بونەوەی بێ سەرو بەر بە یەك لایەنی راستدا دەرواتو هەر کەس لەو راستایە بێت با دوریش بێ لێی ئەو روناکییەی پێدەگات. بەڵام ئەگەر لەو راستایەدا نەبێت بەملاو بەولادا بڵاو بوو بێتەوە ئەو روناکیە هەست پێ ناکات، ئەگەر چی زۆر نزیکیش بێت لەو لایتە روناکەوە، جا واتێدەگەم کە ئەو نورەی بۆ مرۆڤیش هەر ئاوەهایە، خۆ ئەو کەسەی کە روبەروی ئەو نورە بوەستێت دەیدۆزێتەوە ئەگەرچی لێیشی دور بێت کەمو زۆر تامو چێژی ئەو روناکیە دەکات، جا ئەم خەڵکەیش سەبارەت بەنوری

هەربەو شێوەیەن ئەگەر لەراستای نوری ئەودا وەستان هەرچەند لەپلەیەکی زۆر نزمیشدا بن لەبەندایەتیدا، ئەو نوورو روناکیە وەردەگرێت جائەو هێڵە راستەی کە روبەڕومان ئەکاتەوە لەو نورەی پەیڕەوی قورئانو سوننەتی پێغەمبەرە و لادان لەو دووانەکەوتنە ناو تاریکیو رێ لێونبوونە، بۆیە دەبینین ئەوانەی کە گەیشتن بەمانگ بەو عیلمو زانستییە لە خۆیان بای بون لەو نورو روناکی ئیمانە بێبەهرە بون بەڵام شوانێك هەر بە بیرکردنەوە لە ئاشەوانێك تێدەگا کە ئەم بونەوەرە بەدیهێنەرێکی هەیە کە تاكو تەنیایە. جا هەندێك وتویانە ئەو تاقە،دڵی باوەڕدارە کە بە نووری ئیمان دەدرەوشێتەوە. والله اعلم، جا لەوەسفی ئەو کەسانەی کەئەم روناکییە دەدۆزنەوە دەفەرموێ:

﴿٣٦﴾ لە ناو ماڵ گەلێکدا کە رێی داوە کە بەرز بکرێتەوەو رێزی لێ بگیرێتو تێیدا یادی ناوی ئەو بکرێت کە مزگەوتەکانە، بە بەیانیانو بەئێواران ناوی بە پاکی دەبەنو لە دەریایی یادی دا مەلەوانی دەکەن.

﴿٣٧﴾ کە پیاوانێکن کە بازرگانیو مامەڵە لە یادی و نوێژ کردنو زەکات دان بێئاگایان ناکاتو دەترسن لە رۆژێك کە دڵەکانو چاوەکان لەو رۆژەدا دەگۆڕێنو دڵەکان لەرزیان لێ دەنیشێتو چاوەکان بەم لاولادا دەڕوانن تا بزانن چییان بۆدێو بەرەو کوێ دەبرێن.

﴿٣٨﴾ تا بە جوانتر لەوەی کە خۆیان کردویانە پاداشیان پێ بداتەوەو لە چاکەی خۆی بۆیشیان زیاد بکات، خۆ بۆ ئەو کەسانەی کە ئارەزۆی لێ بێ بێ ژمارە پاداشیان دەداتەوە. ئەمە باسو پاداشتی ئەو کەسانە بو کە دڵیان بە نوری روناك بووەتەوە،

﴿٣٩﴾ ئینجا باسی بێ باوەڕانێ کە پێیان وایە ئیشو کردارەکانیان دەبێت بە هۆی خەیرو بەرژەوندیان، دەکاتو دەفەرموێ: ئەوسا ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون کردارەکانیان وەك تراویلکەیە لە دورەوە تینو بەئاوی دەزانێت وبۆی دەچێت کە پێی دەگات هیچی دەست ناکەوێت. هەروەها کافریش کاتێك کە بە خوای خۆی دەگات هیچ شتێکی چاکی نیە کە سودی لێ وەرگرێت.جا بە تێرو تەسەلی حیسابی کردارە خراپەکانی بۆ دەکات ئینجا دەزانێ چی کردوە. جا زوو حیساب تەواودەکات.

﴿٤٠﴾ یان وەك ئەو تاریکاییانە کە لە دەریایەکی بێ بندا کە شەپۆل لەسەر شەپۆل دای پۆشیوەو لەسەریشەوە هەورێکی ئەستورو تاریك بێت کە تاریکاییەکان هەندێکیان لەسەر هەندێکیانو بە شێوەیەك تاریك بێت

کە ئەگەر دەستی خۆی دەربهێنێ وەختە نەیبینێتەوە، جا ئەم مرۆڤە دواکەوتوە نەزانە ئاوایەو نازانێ چی پێ دەکەنو بۆ کوێی دەبەن هەمووی لەلا تاریکە. بە ڕاستی هەر کەسێك کە اللَّهُ ڕوناکی پێ نەداتو ڕێگای ڕاستی نەگرتبێ هیچ ڕوناکیەکی نیەو دۆڕاوو لەناوچوە ئەوەش سەرئەنجامو پاشە ڕۆژی بێ باوەڕانو پەیڕەوانیانە.

(٤١) ئەی بینەر ئایا تۆ نابینی ئەوەی کە لە ئاسمانانو زەویدایە پاکو بێگەردی اللَّهُ نیشان دەداتو ئەو باڵندەی کە لە حەواوە ڕادەوەستنو باڵەکانیان درێژ دەکەنەوە، بەڕاستی هەموویان دەزانن چۆن لە اللَّهُ بپاڕێنەوەو پاکو خاوێنی ئەو زاتە پیشان بدەنو تەسبیحاتی بکەن خۆ اللَّهُ یش دەزانێ کە ئەوان چی دەکەن.

(٤٢) جا هەر بۆ خوایە خاوەندارێتی ئاسمانانو زەویو هیچ هاوبەشێکی نیە، ئەوسا گەڕانەوەش هەر بۆ لای اللَّهُیە. ئەی مرۆڤ هەرچی ببیو هەرچی بکەیت بە خۆتو کردارتەوە دەبێ بچیتەوە بەردەم خوای گەورەو خاوەن دەسەڵات تا تۆڵەی خراپەکانت لێ وەرگرێتو پاداشی چاکەکانت بداتەوە، ئینجا اللَّهُ باسی بەشێکیتر لەو شتانە دەکات کە بەڵگەی توانایيو هێزی ئەو زاتەیەو دەفەرموێ:

(٤٣) ئەی بینەر ئایا نابینی کە اللَّهُ چۆن پاڵ بە هەورەوە دەنێت کاتێ کە پارچەی بچوك بچوکە، پاشان دەیان داتە دەمی یەكو پاشان تەپەیان دەداتە سەریەكو دەیانکات بە هەورێکی ئەستور، ئەوسا دەبینی کە دڵۆپەی باران لە نێوانیەوە دەردەچێت، وە لەو هەورانەی کە وەکو چیاوان لەو سەرەوە تەرزە دەبارێنێ، ئەوسا ئەو تەرزە ئەدا بەسەر ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێ دوچاری زیانی دەکاتو دەبێ بە بەڵایەك بۆی و لای دەدات لەو کەسەیش کە ئارەزۆی لێیە وەکو بەزەییو سۆزێك بۆی، یان هەردوو بە پێچەوانەوە، خەریکە ڕوناکی بزیزکەکەی چاوەکان کوێر بکات ئەوەندە بە پەلەو ڕوناکە، بە ڕاستی هەر ئەو ئاو ڕاگرتنە لەو بەرزاییەو دڵۆپە دڵۆپە کردنی

يُقَلِّبُ ٱللَّهُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبۡرَةٗ لِّأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ﴿٤٤﴾
وَٱللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَآبَّةٖ مِّن مَّآءٖۖ فَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰ بَطۡنِهِۦ وَمِنۡهُم مَّن
يَمۡشِي عَلَىٰ رِجۡلَيۡنِ وَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰٓ أَرۡبَعٖۚ يَخۡلُقُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُۚ
إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٤٥﴾ لَّقَدۡ أَنزَلۡنَآ ءَايَٰتٖ مُّبَيِّنَٰتٖۚ
وَٱللَّهُ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٤٦﴾ وَيَقُولُونَ
ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعۡنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٞ مِّنۡهُم مِّنۢ بَعۡدِ
ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ
لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُم مُّعۡرِضُونَ ﴿٤٨﴾ وَإِن يَكُن لَّهُمُ ٱلۡحَقُّ
يَأۡتُوٓاْ إِلَيۡهِ مُذۡعِنِينَ ﴿٤٩﴾ أَفِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَمِ ٱرۡتَابُوٓاْ أَمۡ يَخَافُونَ
أَن يَحِيفَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَرَسُولُهُۥۚ بَلۡ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٥٠﴾
إِنَّمَا كَانَ قَوۡلَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ
أَن يَقُولُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٥١﴾ وَمَن
يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخۡشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ
﴿٥٢﴾ ۞ وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَئِنۡ أَمَرۡتَهُمۡ لَيَخۡرُجُنَّۖ قُل
لَّا تُقۡسِمُواْۖ طَاعَةٞ مَّعۡرُوفَةٌۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿٥٣﴾

لەکارە زۆر گرنگو سەرسوڕهێنەرەکانە بۆ کەسێك کە تۆزێك عەقڵی هەبێ.

(٤٤) اللَّهُ شەووڕۆژ بە دوای یەکدا دێنێ، جا بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ هەندێ جار یەکسانو هەندێ جاریش کەمو زیادیان پێدەکات، بێگومان لەوەی کە باسکرا ئامۆژگاریو وانەیەکی گەورەی تێدایە بۆ ئەوانەی کە خاوەنی دەرکوفامن.

(٤٥) خۆ اللَّهُ هەمو جانەوەرێکی لە ئاو دروستکردوە، جا هەندێکیان وەك مار لەسەر سكو هەندێکیان وەك مرۆڤو باڵندە لەسەر دو قاچو هەندێکیشیان وەکو مەڕوماڵات لەسەر چوار پێ دەڕۆن، کە اللَّهُ هەرچییەکی ویست دروستی دەکات، بەدڵنیاییەوە اللَّهُ زۆر بە توانایە بەسەر هەمو شتێکدا.

(٤٦) بەڕاستی ئێمە چەندین نیشانەی ڕۆشنکەرەوەمان ناردوە بۆ ڕێنمایی ئێوە ئەی نەوەی ئادەم تا ڕێگای خۆشبەختی بدۆزنەوەو پەیڕەوی بکەنوبەسەریابڕۆن، جا اللَّهُ ویستی لە سەر هەر کەسێك ببێت ڕێنمای دەکات

بۆ رێگای راستو دەیگەیەنێ بە خۆشبەختی هەر دوو دنیا، بەڵێ ﷲ هەر خۆی خاوەنەو هەرچی بکات لە موڵکی خۆیدا راستو رەوایەو کەس ناتوانێ نە رێگای لێ بگرێتو نە رەخنە، بەڵام ﷲ نە بە زۆر کەس دەخاتە سەر ئایینو نە بە زۆر لای دەدات، مرۆڤ خۆی بە ئارەزۆی خۆی لایەك هەڵدەبژێرێ بەڵام ﷲ یارمەتی دەدات چونکە هەر ئەو پەروەردگاریەتیو بێ ئەو هیچی پێ ناکرێ کە وابو لەلایەن هەڵبژاردنەوە تەماشا بکەین (الاختیار،الکسب) دەڵێین: مرۆڤ خۆی چاکە دەکات یان خراپە، بەڵام لەلایەن هێزو تواناییو رەخساندنەوە تەماشای بکەین کە بە دەست ﷲیە، دەڵێین: ﷲ چاکی بۆکردوە یان خراپی بۆکردوە. ﴿بەراستی ﷲیە کە خۆتانی دروستکردوەو ئەوەش کە دەیکەن﴾سافات/نەوەدوشەش. ئەمە شتێکی گرنگەو بیزانەو لە ورتە ورتی شەیتان دورت دەخاتەوە.

(٤٧) جا دەڵێن: باوەرمان بە ﷲو بە پێغەمبەرﷺ هێناوەو پەیرەویش دەکەین پاشان تاقمێك لەوان پاش ئەو قسەیەی کە دەیڵێن پشت لە ئایین دەکەنو گوێ بە فرمانەکانی نادەن، ئەوسا ئەمانە هەر باوەڕدار نین. هەر ئەوەی کە بە دەم بڵێن ئیمانداریـنو گوێڕایەڵی ئایینین نا بێ بە بەڵگە لەسەر ئیماندار بونیان بەڵکو پێویستە کردار دەری بخات، وەك ئەمانە کە دەڵێن ئیمانداریـن کەچی ﷲ حوکمی بێ باوەڕیان بەسەردا دەدات،بیربکەرەوە هائەوانە چۆن لەدەمیان درایەوە، چونکە بە کردەوە نەیان سەلماندوەو رازی بە حوکمو بڕیاری ﷲو پێغەمبەرەکەی ﷺ نەبون.

(٤٨) جا هەر کاتێ ئەوان بۆ لای یاسای ﷲو پێغەمبەرەکەیﷺ بانگ بکرێن بۆ ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ بڕیاریان لە نێواندا بدات وراستو ناراستیان لە یەك بۆ جیا بکاتەوە هەر زۆر بە زویی تاقمێکیان خۆیانی لێگێل دەکەنو بە لای دا نایەن چونکە خۆیان دەزانن کە ناحەقن و ئەگەر روبەڕو ببنەوە دەیدۆڕێنن.

(٤٩) خۆ ئەگەر مافیشیان هەبێو بزانن لەلای پێغەمبەرو شەرعەوە دەستیان دەکەوێتەوە بە گەردن کەچیەوە دێن بۆ لایو دەڵێن: ئێمە بەشەرع دەیکەینو دەستێ شەرع ببڕێ خوێنی نیەو خۆیان بە باوەڕدارێکی راستو دروست نیشان دەدەن،

(٥٠) جا خوای گەورە رقو بڕیاری خۆی سەبارەت بەو تاقمەو وێنەکانی باس دەکاتو دەفەرموێ: ئایا ئەمانە لە دڵیاندا نەخۆشی هەیە واتە بێ باوەڕو دووڕون؟ یان گومانیان هەبوە لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەردا ﷺ؟ یان دەترسن لەوەی کە ﷲو پێغەمبەرەکەیﷺ ناهەقیان پێبکەن؟ نەخێر وانیە کە ئەوان بۆی دەچن بەڵکو ئەوان هەر خۆیانن ستەمکار، هەڵویستی دووڕوو دڵ نەخۆشەکان سەبارەت بە بڕیاردانی شەرع بەو شیوەیە بو بەڵام هەڵوێستی باوەڕداران گەردن کەچیو متمانە بونە بە خواو بە پێغەمبەرەکەیﷺ.

(٥١) قسەی باوەڕداران هەر کاتێ بانگ بکرێن بۆلای بڕیاری ﷲو پێغەمبەرەکەیﷺ بۆ ئەوەی بڕیار بدات لەنێوانیاندا تەنها هەر ئەوەیە کە دەڵێن: بیستمانو بە گوێمان کرد، جا هەر ئەوانەن کە رزگارن، بێگومان رزگاربون لە سزاو گەیشتن بەمەبەست تەنها بۆ ئەوانەیە کە رازین بەشەرعی ﷲ.

(٥٢) خۆ ئەو کەسەی کە پەیڕەوی ﷲو پێغەمبەرەکەیﷺ بکاتو گوێڕایەڵی فەرمانیان بێتو لە ﷲ بترسێو خۆی بپارێزێ لەو شتانەی کە دەبنە هۆی رقوقینی ﷲ، ئەوسا هەر ئەوانەن بەهرەمەندو دورن لە هەمو خراپەیەكو هەمو خۆشییەکیان بۆ هەیە.

(٥٣) ﷲ وەسفێکی تری ئەو بێ باوەڕو دووڕوانە باس دەکاتو دەفەرموێ: جا سوێندی سەختیان بە ﷲ خوارد کە ئەگەر هاتو تۆ فرمانیان پێبکەیت کە دەربچن بۆ غەزاو هیچ خۆ ماتەڵ ناکەنو ئەو فرمانەی تۆ جێبەجێ دەکەن، ئەی محمدﷺ بڵێ: سوێند مەخۆن چونکە پەیرەوی کردنتان زانراوەو لە لای ئێمە شاراوە نیە جگە

لە درۆو فێڵو تەڵەکە شتێکیتر نیە، ئێوە هەرگیز قسەو کردارتان یەك نەبووەو درۆزنن یان بڵێ: سوێندی ناوێ ئەگەر ڕاست دەکەن لەمەودوا پەیڕەوییەکی چاك بکەن، بێگومان اللّه ئاگادارە بەوەی کە ئێوە دەیکەن، پاشان کردەوەکانتان بەڵگەیە لەسەرتان.

﴿٥٤﴾ بڵێ: پەیڕەوی اللّه و پەیڕەوی پێغەمبەرﷺ بکەن، جا ئەگەر خۆ دەبوێرن‌و پشت لە فەرمانبەرداریان ئەکەن، ئەوسا پێغەمبەرﷺ تەنها ئەرکی گەیاندنی پەیامەکەی اللّه ی لەسەرەو ئێوەش تاوانی سەرپێچی خۆتانتان لەسەرە، جا ئەگەر پەیڕەوی بکەن ئەوە ئێوە ڕێگای هیدایەتتان گرتوەتە بەرو سودی بۆ خۆتانە. فرستادەی اللّه کە پێغەمبەرمانﷺ و هەمو پێغەمبەرانی‌تریشە جگە لە گەیاندنێکی ڕۆشنکەرەوانە هیچیکی تریان لەسەر نیە، ئیتر حیسابو کیتابیان بە دەست اللّه‌یە. پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: {الْجَمَاعَةُ رَحْمَةٌ وَالْفُرْقَةُ عَذَابٌ قَالَ فَقَالَ أَبُو أُمَامَةَ الْبَاهِلِيُّ عَلَيْكُمْ بِالسَّوَادِ الْأَعْظَمِ قَالَ فَقَالَ رَجُلٌ مَا السَّوَادُ الْأَعْظَمُ فَنَادَى أَبُو أُمَامَةَ هَذِهِ الْآيَةَ/احمد، صححه الالباني/ یەکریزی موسڵمانان خۆشبەختیەو بەش بەش بونیشی نەگبەتی‌و سزایە، جا ئەبو ئومامەی باهیلی وتی: پێویستە لە سەرتان بلکێن بە تاپۆی گەورەترەوە، جا پیاوێك بانگی کردو وتی: تاپۆی گەورەتر کامەیە؟ ئەبو ئو مامە بە دەنگی بەرز وەڵامی دایە وەو ئەم ئایەتەی سەرەوەی خوێندەوە} واتە: جەماعەت‌و تاپۆی گەورەتر بریتیە لە پەیڕەویکردنی فەرمانەکانی اللّه‌و پێغەمبەرەکەی ﷺ با لە ژمارەیش دا کەم بن.

﴿٥٥﴾ اللّه بەڵێنی داوە بەوانەی کە باوەڕیان هێناوە لە ناو ئێوەداو ئیشی چاکیان ئەنجام داوە کە لەم زەوییەدا بیانکات بە جێ‌نشین هەروەکو چۆن ئەوانی پێش ئەمانی کردبوو بە جێ‌نشین، جا سەقامگیری کات بۆیان ئەو ئاینەیان کە اللّه بۆی هەڵبژاردون‌و ڕازیە پێی کە ئاینی ئیسلامە، تا پاش ئەو ترس‌و لەرزەیان ژیانیان بۆ بگۆڕێت بە هێمنی‌و ئاسایش، من بپەرستن، هیچ شتێك

قُلْ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ
وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ ۖ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا۟ ۚ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ
إِلَّا ٱلْبَلَـٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٥٤﴾ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَعَمِلُوا۟
ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ
ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ
وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِى لَا يُشْرِكُونَ بِى
شَيْـًٔا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴿٥٥﴾
وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ
تُرْحَمُونَ ﴿٥٦﴾ لَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مُعْجِزِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ
وَمَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ ۖ وَلَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٥٧﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
لِيَسْتَـْٔذِنكُمُ ٱلَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُكُمْ وَٱلَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا۟ ٱلْحُلُمَ مِنكُمْ
ثَلَـٰثَ مَرَّٰتٍ ۚ مِّن قَبْلِ صَلَوٰةِ ٱلْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ ٱلظَّهِيرَةِ
وَمِنۢ بَعْدِ صَلَوٰةِ ٱلْعِشَآءِ ۚ ثَلَـٰثُ عَوْرَٰتٍ لَّكُمْ ۚ لَيْسَ عَلَيْكُمْ
وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌۢ بَعْدَهُنَّ ۚ طَوَّٰفُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَىٰ
بَعْضٍ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٨﴾

نەکەن بە هاوبەشی من، کە ئەمە خۆی هۆیەکە بۆ هاتنە دی ئەم بەڵێنە، خۆ هەر کەسێك پاش ئەوەی کە اللّه ئەم نیعمەتی سەرکەوتن‌و ئاسایشەی پێ‌دا سپڵەو بێ‌وەفا بو بەرانبەر بە اللّه ئەوسا ئەوانە فاسق‌و دەرچوون لە یاسای اللّه. لێرەدا اللّه بەڵێنی سەقامگیربونی دەسەڵاتی باوەڕدارانی بەستوە بەدوو مەرجەوە، یەکەم: بەندایەتی کردنیەتی بە گوێرەی شەریعەتەکەی. دووهەم: هیچ هاوەڵ‌و هاوبەشێکی بۆ دانەنرێت. جا باوەڕداران لە کام مەرجیان کۆتا هاتن نابێ چاوەڕوانی هاتنە دی ئەو بەڵێنەی اللّه ببن.

﴿٥٦﴾ جانوێژ بکەن، چونکە بەندایەتی خوای تاك‌و تەنهایەو میعراجی ئەم ئوممەتەیەو ڕێگای پەیوەندی ڕاستەو خۆی بەندەیە لەگەل پەروەردگاری تاك‌و تەنهای خۆیدا، خۆ زەکاتیش بدەن، بۆ پاك کردنەوەی خۆتان لە ڕەزیلی‌و ڕزگار کردنی براو خوشکانی نیازمەندی خۆتان‌و بلاو بوونەوەی خۆشە ویستی لە نێوان چینی دەوڵەمەندو هەژاراندا‌و سەر ئەنجام بە دەست هێنانی ڕەزامەندی ئەو خوایەی کە ئەو سەروەت‌و سامانەی

وَإِذَا بَلَغَ ٱلْأَطْفَٰلُ مِنكُمُ ٱلْحُلُمَ فَلْيَسْتَـْٔذِنُوا۟ كَمَا ٱسْتَـْٔذَنَ
ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ
عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٩﴾ وَٱلْقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِى لَا يَرْجُونَ
نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ
غَيْرَ مُتَبَرِّجَٰتٍۭ بِزِينَةٍ ۖ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ ۗ وَٱللَّهُ
سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٦٠﴾ لَّيْسَ عَلَى ٱلْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْأَعْرَجِ
حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْمَرِيضِ حَرَجٌ وَلَا عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَن تَأْكُلُوا۟
مِنۢ بُيُوتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ ءَابَآئِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَٰتِكُمْ
أَوْ بُيُوتِ إِخْوَٰنِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخَوَٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ
أَعْمَٰمِكُمْ أَوْ بُيُوتِ عَمَّٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخْوَٰلِكُمْ
أَوْ بُيُوتِ خَٰلَٰتِكُمْ أَوْ مَا مَلَكْتُم مَّفَاتِحَهُۥٓ
أَوْ صَدِيقِكُمْ ۚ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَأْكُلُوا۟
جَمِيعًا أَوْ أَشْتَاتًا ۚ فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ
تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُبَٰرَكَةً طَيِّبَةً ۚ كَذَٰلِكَ
يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٦١﴾

پێداون، دەی پەیڕەوی ئەو پێغەمبەرەی خوا بکەن بەشکم رەحمتان پێبکرێت. بەڵێ بێگومان هەرکەسێك ئەوانە ئەنجام بدات الله رەحمی پێ دەکات وەك لەسورەتی تەوبەدا دەفەرموێ:﴿ئەوانە بەم زوانە الله رەحمیان پێدەکات﴾.نویژو زەکات کە دوو بەشی بنەڕەتی ئیسلامن زۆر جار بە یەکەوە لە قورئاندا باسکراون، چونکە وەك وتمان یەکەمیان پەیوەندی بەندەیە بە خواوەو دووهەمیان پەیوەندی بەندەیە بە بەندەکانەوە جا ئەم دووانە بۆ رێكو پێككردنی ژیانی ئادەمیزاد زۆر پێویستو گرنگنو دەبێ هەروا بە گرنگی لەناو باوەڕداراندا بمێنێنەوە.

(٥٧) ئەی محمد ﷺ بە هیچ جۆرێك واگومان مەکە کە ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوەو دژایەتی تۆ دەکەن دەتوانن لەم زەویدا لەدەست الله رابکەنو بە تۆڵەی تاوانەکانیان نەگەن، جا ئەوانە جێگایان ئاگری دۆزەخە بە راستی ئەوەش سەرنویشتێکی خراپە بۆ ئەو تاوانبارانە، کافران هەرچەند بە هێزو بەدەسەڵاتبن بەڵام ناتوانن لەو زاتە راکەن کە ئەو هێزو دەسەڵاتەی پێداون.جاخوا باسی چۆنیەتی شێوەی چونە ماڵەوەی ناوخۆی عائیلەکان دەکاتو دەفەرموێ:

(٥٨) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە با ئەوانەی کە غوڵامو کەنیزەتانو ئەوانەی کە هێشتا باڵغ نەبوون لە خۆتان بۆهاتنەژورەوە لە سێ کاتدا داوای ئیزن بکەنو هەروا خۆیان نەکەن بە ژوردا، چونکە هەم خۆتان ئارام نابنو هەم لەوانەیە ئەوانیش بە جۆرێك چاویان بە ئێوەدا هەڵتەقێ کە هەر دوولا توشی شەرمو تەریقی ببن، ئەو سێ کاتەش ئەمانەن یەکەم: لە پێش نوێژی بەیانیدا، دووهەم: کاتی نیوەڕۆکە پۆشاکی زیادە لە خۆتان دەکەنەوە بۆ حەسانەوە، سێهەم: لە دوای نوێژی عیشادا ئەم سێ کاتە جێگای شەرمە بۆتانو پێویستە لەسەرتان کە پێش هاتنە ژورەوە بۆ لاتان ئیزن بخوازن، پاش ئەو سێ کاتە نە ئێوە ونە ئەوان تاوانتان لەسەر نیە کە بە بێ ئیزن بێن بە ناو یەکترداو هەندێکتان بە سەر هەندێکتاندا بچن، چونکە جگە لەو سێ کاتەدا ئەوانەی کە مندالّ نابالغو خزمەتکارو غوڵامو کەنیزەیان هەبێ زۆر بە ناویەکدا دێنو دەڕۆن جا خاوەن ماڵیش نابێ بە شێوەیەك بێت کە ببێ بە هۆی شەرمەندەیی. خۆ هەر وەکو چۆن ئەو هاتوچۆیەی ناوخۆتانی بۆڕۆشنکردنەوە هەروەها الله نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە رۆشن دەکاتەوە، ئەوسا الله زۆر زانایە بە هەمو کارو هەڵسوکەوتێکی ئێوەو زۆر دانایە لە دانانی بڕیارو فرمانەکانی‌داو هیچ شتێکی بێ‌سود نیە، ئەم دوو سیفەتە چەندین جار لەم سورەتەدا هاتوە، چونکە باسەکانی هەموی بڕیارو فرمانی اللهیە تا دڵنیا بین کە هیچ بڕیارێکی گۆترە کاری تێدا نیەو تا بە چاکی وەری بگرینو پەیڕەوی بکەین،جا هەر کەسێك باوەڕی بە عەلیمو حەکیمی الله هەبێ دەبێ بە دڵوبە گیان فرمانەکانی وەرگرێتو نەیانگۆڕێتەوە بە بڕیاری هیچ کەسێکی‌تر چونکە هیچ کەسێك نە بە ئەندازەی الله زانایەو نە بە ئەندازەی ئەو دانایە، لادان لەوە گومڕاهیو نەفامیەو خۆ یەکسان کردنە لەگەڵ خوادا کە کوفرو خوانەناسیە.

(٥٩) جا هەر کاتێك ئەو منداڵانەتان باڵغ بوون، ئەوسا دەبێ وەك خەڵکە بێگانەکە کە لە پێشدا باس کران ئەمانیش لە هەمو کاتەکاندا بۆ هاتنە ژورەوە ئیزن بخوازن، هەر وەك ئەوەی چۆن ڕۆشنیکردوە هەر ئاوەها اللَّهُ نیشانەکانی خۆیتان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە،خۆ اللَّهُ زۆر زاناودانایە.

(٦٠) جا ئەوانەی کە دانیشتوونو دەرو ماڵ ناکەن لەو ژنانەی کە لەبەر پیری هیوایان نەماوە بە شوکردن ئەوانە ئەگەر پۆشاکی سەرەوەی خۆیان لابەن تاوانیان ناگات بەو مەرجەی کە بە خشڵەکانیان خۆیان نەڕازێننەوە، خۆ ئەگەر خۆیشیان داپۆشن ئەوە چاکترە بۆیان، چونکە وتراوە" بۆ هەمو کەوتویەك هەڵگرێك هەیە" لەوانەیە کەسێك هەبێت لەو تەمەنەی ئەودا حەزی بچێتە سەری لەبەر ئەوە خۆپاراستنەکەی چاکترە، جا اللَّهُ بیسەری هەمو قسەیەکە بە هەر شێوەیەك بکرێت، زۆر زانەریشە بە هەمو کاروکۆششێك.

(٦١) کوێرو شەلو نەخۆش نە لەسەر وازهێنان لە جیهاد ونە لە تێکەڵاو بونیان لەکاتی خواردندا بە کەسانی ساغو سەلیم، وە نە لەچونیان بۆ خواردن بۆ ماڵی ئەوانەی کە باسیان دێت گوناهیان لەسەر نیە، ئەوسا هیچ گوناهێکتان لەسەر نیە کە لە ماڵی خۆتانو ـ لە ماڵی کوڕانو کچانتان بخۆن چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لەوەڵامی کوڕێکدا کەوتی باوکم ماڵەکەی داگیر کردم فەرموی:{أَنْتَ وَمَالُكَ لأَبِيكَ وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِنَّ أَوْلاَدَكُمْ مِنْ أَطْيَبِ كَسْبِكُمْ فَكُلُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ /ابن ماجة وغيره.صححه الألباني/ خۆتو ماڵەکەشت موڵکی باوکتیو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: بێگومان کە منداڵەکانتان لە پاکترینی کاسبیەکانتانە جالەماڵەکانیان بخۆن}

یان خواردن ـ لە ماڵەکانی باوکانتان یان ماڵەکانی دایکانتان یان ماڵەکانی براکانتان یان ماڵەکانی خوشکانتان یان ماڵەکانی مامۆکانتان یان لە ماڵەکانی

إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَإِذَا كَانُوا۟ مَعَهُۥ
عَلَىٰٓ أَمْرٍ جَامِعٍ لَّمْ يَذْهَبُوا۟ حَتَّىٰ يَسْتَـْٔذِنُوهُ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَـْٔذِنُونَكَ
أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۚ فَإِذَا ٱسْتَـْٔذَنُوكَ
لِبَعْضِ شَأْنِهِمْ فَأْذَن لِّمَن شِئْتَ مِنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمُ
ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٦٢﴾ لَّا تَجْعَلُوا۟ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ
بَيْنَكُمْ كَدُعَآءِ بَعْضِكُم بَعْضًا ۚ قَدْ يَعْلَمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ
يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذًا ۚ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ
أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ
مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ قَدْ يَعْلَمُ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ وَيَوْمَ
يُرْجَعُونَ إِلَيْهِ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ ﴿٦٤﴾

٢٥ سُورَةُ الفُرْقَانِ ٧٧

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا
﴿١﴾ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ
يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٌ فِى ٱلْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ فَقَدَّرَهُۥ تَقْدِيرًا ﴿٢﴾

پورە کانتان (خوشکانی باوکی) یان لە ماڵەکانی خاڵۆکانتان یان لەماڵەکانی پورەکانتان (خوشکانی دایکی) یان ئەو ماڵەی کە کلیلی بە دەست ئێوەیە یان لە ماڵی دۆستو ناسیاوتان خواردن بخۆن هیچ تاوانێکتان لەسەر نیە.

دیارە ئەمە وەختێکە کە بە ڕەزامەندی خۆیان بێت، هیچ تاوانێکتان لەسەر نیە کە ئەگەر بە یەکەوە بخۆن یان بە جیاجیا، وە ئەمە ڕێ پێدانێکە ئەگینا بە یەکەوە خواردن چاکترە وەك پێغەمبەر دەفەرموێ: { كُلُوا جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُوا ، فَإِنَّ الْبَرَكَةَ مَعَ الْجَمَاعَةِ /الديلمي، حسنه الالباني/ پێکەوە بخۆنو جیاجیا مەبن بەراستی کە بەرەکەت لەگەڵ یەکرێزیو جەماعەتدایە}

ئینجا هەر کاتێ چونە ماڵی خۆتانەوە، یان ماڵێك کە کەسی تێدا نەبو سەلام بکەن لە خێزانومناڵتان سەلامێك کە لایەن خواوە فێرکراون کە مایەی فەرەو دڵخۆشکەرە. خۆ ئەگەر هیچکەسی تێدا نەبو بڵێ:

(السَّلامُ عَلَيْنَا وَ عَلَى عِبادِ اللهِ الصَّالحينَ/ سەلام لە ئێمەو لە هەمو بەندە چاکەکانی خودا بێت)

هەر ئاوەها چۆن ئەم بڕیارانەی ڕۆشنکردەوە هەر وایش الله نیشانەکانی خۆیتان یەك لە دوای یەك بۆ ڕۆشن دەکاتەوەو هەمو ڕاستو ناراستێکتان بۆ شی دەکاتەوە بەڵکو ئێوەیش فام بکەنەوەو ڕاستی هەڵبژێرنو دوور بکەونەوە لە چەوتی.

(٦٢) باوەڕداران بە اللهو بە پێغەمبەرەکەی تەنها ئەو کەسانەن کە هەر کاتێك لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بن لەسەر کارێکی کۆ کەرەوە وەك نوێژی جومعەو جەماعەتو غەزا ناچن بە هیچ لایەك دا هەتا داوای ئیزنی لێ نەکەن، بێگومان ئەوانەی کە داوای ئیزن لە تۆ دەکەن لەو کاتانەداو لە خۆیانەوە ناچن ئەوانە کەسانێکن کە باوەڕیان هەیە بە اللهو بە پێغەمبەرەکەی ﷺ، جا هەر کاتێ کە ئەوان داوای ئیزنیان لە تۆ کرد بۆ هەندێ کارو باریان تۆ خۆت سەرپشکی ئەوسا هەر کەس لەوان کە ئارەزۆت لێبو ئیزنی پێبدە، وە لە الله داوای لێخۆشبونیشیان بۆ بکە. بێگومان الله گوناح بەخشەو بێنیهایەت میهرەبانە بۆ بەندەکانی.

(٦٣) بانگکردنی ئێوە بۆ پێغەمبەر ﷺ وەك بانگکردنی هەندێکتان بۆ هەندێك نەبێ، واتە: بەو جۆرە کە بانگ لە یەکتر دەکەنو ناوی یەکتر دەبەن بەو شێوەیە لە گەڵ پێغەمبەردا ﷺ ڕەفتار نەکەن، جا نابێ بانگی پێغەمبەریش ﷺ بۆ ئێوە وەك بانگی نێو خۆتان تەماشای بکەن چونکە وەڵام دانەوەی پێغەمبەر ﷺ پێویستە، هەروەها نابێ دوعاو نزای پێغەمبەر ﷺ وەك نزای هەندێکتان لە هەندێکتان تەماشا بکرێت، چونکە پەروەردگار نزای پێغەمبەر ﷺ وەری دەگرێ، بەڕاستی الله ئاگای لەو کەسانەیە کە لەو کاتانە دا خۆیان دەدزنەوە، ئەوسا با ئەوانەی کە لە فرمانی پێغەمبەر ﷺ دەردەچن بترسن لەوەی کە توشی کوفرو شیرك ببن یان گرفتاری سزایەکی پڕ ئێشو ژان ببن.

هەر وەك لە فەمودەدا هاتووە: { مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ/ متفق علیه/هەر کەسێك ئیشێك بکات کە فرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ ئەوسا ئەو ئیشەی بە سەردا دەدرێتەوەو لێی وەرناگیرێت}.

(٦٤) ها بزانن کە بێگومان ئەوەی کە لەناو ئاسمانەکانو زەویدایە هەموی موڵکی اللهیە، بەڕاستی الله بەو کردارو گوفتارو بەرنامەو هەڵوێستەی کە ئێوەی لەسەرە دەزانێو لەو ڕۆژەدا کە بۆ حیسابو کیتاب دەگەڕێنرێنەوە بۆلای پێتان دەڵێت کە چیتان کردووەو پاداش یان سزای وەردەگرنەوە. خۆ الله زانیاری بە سەر هەمو شتێکدا هەیە.

٢٥ سورەتی فورقان ٧٧

سورەتی فورقان سورەتی بیستو پێنجەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، حەفتاوحەوت ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی چلودووهەمەو پاش سورەتی (یس)و پێش (فاطر) دابەزیوە. وشەی(الفرقان) چوار جار لە قورئاندا هاتوە.

بەناوی الله ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) گەورەو بە فەڕو خاوەنی خەیری زۆرە ئەو کەسەی کە قورئانی ناردوەتە سەر بەندەکەی کە محمدە ﷺ بۆ ئەوەی بۆ جیهانیان ترسێنەر بێ.

(٢) ئەو خوایەی کە هەر بۆ ئەوە موڵکێتی ئاسمانانو زەویو کەسی بە منداڵ بۆ خۆی دانەناوەو لەو موڵکەیدا هیچ شەریکێکی نەبوەو هەمو شتێکی دروست کردوە، جا ئەندازەیشی گرتوە بەئەندازە گیریەکی تێرو تەواوو هیچی بە گۆترەو بێ سەرو بەر دروست نەکردوە، بەڵکو ماوەی ژیانیو کاتی لەناوچونی دیاری کردوەو هیچ پاشو پێشێ لەودا نابێ

وَٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً لَّا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ
وَلَا يَمۡلِكُونَ لِأَنفُسِهِمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗا وَلَا يَمۡلِكُونَ مَوۡتٗا
وَلَا حَيَوٰةٗ وَلَا نُشُورٗا ٣ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ إِفۡكٌ
ٱفۡتَرَىٰهُ وَأَعَانَهُۥ عَلَيۡهِ قَوۡمٌ ءَاخَرُونَۖ فَقَدۡ جَآءُو ظُلۡمٗا وَزُورٗا
٤ وَقَالُوٓاْ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ٱكۡتَتَبَهَا فَهِيَ تُمۡلَىٰ
عَلَيۡهِ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلٗا ٥ قُلۡ أَنزَلَهُ ٱلَّذِي يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ
فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٦ وَقَالُواْ
مَالِ هَٰذَا ٱلرَّسُولِ يَأۡكُلُ ٱلطَّعَامَ وَيَمۡشِي فِي ٱلۡأَسۡوَاقِ
لَوۡلَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مَلَكٞ فَيَكُونَ مَعَهُۥ نَذِيرًا ٧ أَوۡ يُلۡقَىٰٓ
إِلَيۡهِ كَنزٌ أَوۡ تَكُونُ لَهُۥ جَنَّةٞ يَأۡكُلُ مِنۡهَاۚ وَقَالَ
ٱلظَّٰلِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلٗا مَّسۡحُورًا ٨ ٱنظُرۡ
كَيۡفَ ضَرَبُواْ لَكَ ٱلۡأَمۡثَٰلَ فَضَلُّواْ فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ
سَبِيلٗا ٩ تَبَارَكَ ٱلَّذِيٓ إِن شَآءَ جَعَلَ لَكَ خَيۡرٗا مِّن ذَٰلِكَ
جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَيَجۡعَل لَّكَ قُصُورَۢا ١٠ بَلۡ
كَذَّبُواْ بِٱلسَّاعَةِۖ وَأَعۡتَدۡنَا لِمَن كَذَّبَ بِٱلسَّاعَةِ سَعِيرًا ١١

(٣) ئەوان جگە لەاللّٰه چەندین خوایان بۆ خۆیان داناوە کە هیچ شتێك دروست ناکەن بەڵکو ئەوان خۆیان دروستکراونو بۆ خۆشیان خاوەنی هیچ زیانو سودێك نین، خۆ نە مردننو نە ژیانو نە زیندو بونەوەیشیان بەدەست نیە،جا ئەوانە چاوەرانی چ خەیرو بەیرێك لەو شتە بێ دەسلاّتانە دەکەن؟

(٤) جا ئەوانەی کە بێباوەربون وتیان: ئەمە هەر درۆیەکەو هەڵی بەستوەوە کەسانیتر لەسەر ئەو درۆو هەڵبەستنە یارمەتیان داوە، بەراستی ئەوانە لەم قسانەیاندا هەر ناهەقیو درۆیان هێناوەوهیچ شتێکی راستیان بەدەستەوەنیە.

(٥) دەڵێن: ئەم قورئانە ئەفسانە گەلێکی پێشوانەو داوا دەکات بۆی بنوسرێتەوە، جا بە بەیانیانو ئێواران بەسەریدا دەخوێنرێتەوە تا لەبەری بکاتو پاشان بیخوێنێتەوە بۆ خەڵك.

(٦) جا خوا دەمکوتیان دەکاتو دەفەرموێ: بڵێ: وانیە کە ئێوە دەڵێن بەڵکو ئەم قورئانە ئەو زاتە ناردویەتی کە نهێنیەکانی ناو ئاسمانانو زەوی ئەزانێت، دەی با واز لەو قسە پڕوپوچانە بهێننو بگەڕێنەوە بۆ لای اللّٰه بێگومان کە ئەو زاتە تاوان بەخشو بەرەحمە.

(٧) خۆ وتویشیانە: ئەمە چۆن نێردراوێکە کە خواردن دەخواتو بۆ بە دەست هێنانی بژێوی بە ناو بازاڕدا دەڕوات؟ دەبا بۆ لای ئەو فریشتەیەك رەوانە بکرایە ئەوسا لەگەل ئەودا ترسێنەر بووایا کە خەڵکیان بترساندایە تا باوەڕمان پێبکردایە. بەڵێ، کافرانە پێیان وایە پێغەمبەر دەبێ فریشتە بێو نیازی بە خواردنو ئیش کردن نەبێت، خۆ ئەگەر پێغەمبەریش لە مرۆڤ بێت لای کەم دەبوایە فریشتەیەکی لەگەل دا بوایە، بە یەقین ئەگەر وایش بوایە ئەیانوت ئەوە فریشتەیەو ئێمە چۆن وەکو ئەومان پێدەکرێت؟ بێباوەڕان لەبەر ناهەقیو راکردن لە حەقو راستی لەسەر چلێك ناوەستنو وەك دوخەڕێسە هەر دەڕێسنو دەیلێێنەوە:

(٨) یان گەنجینەیەکی بۆ حەواڵە بکرایە تا دەوڵەمەندو بێ نیاز بێت یان باغێکی ببوایە کە لێی بخواردایە، جا ستەمکاران بە باوەڕداران دەوت: ئێوە دوای پیاوێك کەوتون کە هەر جادوی لێکراوە، بەڵێ تاوانباران ئەو هەمو قسە پڕو پوچودەم درێژییەی خۆیانیان بەلاوە جوانە، بەلاّم ئەو قسە چاکو پڕ لە زانیاریو فەڕو خەیرەی پێغەمبەریان ﷺ بە لاوە جادوی جادوکەرانە؟!

(٩) ئینجا خوا دەفەرموێ: تەماشا بکە چ نمونەو وێنە گەلێکیان بۆ تۆ هێناوە! ئەوسا ئەوان سەریان لێ تێك چووو حەقو راستییان لێ ون بوە، جا ئیتر ناتوانن رێگایەك بدۆزنەوە بۆ ناسینی راستی.

(١٠) خاوەنی خەیری زۆرە ئەو زاتەی کە ئەگەر بیەوێ چاکتر لەوەی کە ئەوان دەیلێن پێت دەدات کە باغاتێکت هەبێتچەندین جۆگەی بەناودا بڕوات و چەندین کۆشکت پێدەدات، بەراستی ئەم تاوانبارانە لەم قسە پوچانەیان مەبەستیان ئەوە نەبو کە راستیان بۆ دەرکەوێت،

إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ سَمِعُوا۟ لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا ﴿١٢﴾ وَإِذَآ
أُلْقُوا۟ مِنْهَا مَكَانًا ضَيِّقًا مُّقَرَّنِينَ دَعَوْا۟ هُنَالِكَ ثُبُورًا ﴿١٣﴾
لَّا تَدْعُوا۟ ٱلْيَوْمَ ثُبُورًا وَٰحِدًا وَٱدْعُوا۟ ثُبُورًا كَثِيرًا ﴿١٤﴾ قُلْ
أَذَٰلِكَ خَيْرٌ أَمْ جَنَّةُ ٱلْخُلْدِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ ۚ كَانَتْ
لَهُمْ جَزَآءً وَمَصِيرًا ﴿١٥﴾ لَّهُمْ فِيهَا مَا يَشَآءُونَ خَٰلِدِينَ ۚ
كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ وَعْدًا مَّسْـُٔولًا ﴿١٦﴾ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا
يَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَقُولُ ءَأَنتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِى
هَٰٓؤُلَآءِ أَمْ هُمْ ضَلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ ﴿١٧﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ مَا كَانَ
يَنۢبَغِى لَنَآ أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِن مَّتَّعْتَهُمْ
وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ نَسُوا۟ ٱلذِّكْرَ وَكَانُوا۟ قَوْمًۢا بُورًا ﴿١٨﴾ فَقَدْ
كَذَّبُوكُم بِمَا تَقُولُونَ فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا وَلَا
نَصْرًا ۚ وَمَن يَظْلِم مِّنكُمْ نُذِقْهُ عَذَابًا كَبِيرًا ﴿١٩﴾
وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ
ٱلطَّعَامَ وَيَمْشُونَ فِى ٱلْأَسْوَاقِ ۗ وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ
لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصْبِرُونَ ۗ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرًا ﴿٢٠﴾

(١١) بەڵکو ئەوان باوەڕیان بە قیامەت نەبو، جا ئێمەش بۆ ئەو کەسەی کە باوەڕی نەهێنا بێ بە قیامەت ئاگری سوتێنەری دۆزەخمان ئامادە کردوە.

(١٢) ئەو ئاگرەی کە هەر کاتێ ئەو تاوانبارانە لە شوێنێکی دورەوە دییان گوێیان لە دەنگی تورەییو پینگ خواردنەوەیەتی لە داخی ئەو بێباوەڕانەو خەریکە پارچە پارچە ببێت.

(١٣) خۆهەر کاتێکیش دەستو پێ بەستراو دەهاوێژرێنە جێگایەکی تەنگی ناو ئەو دۆزەخەوە، جا لەو کاتەدا بانگیان لێبێ شەرم دەبێ ولەوێدا داوای لە ناوچونو مردن دەکەن بۆخۆیان.

(١٤) ئەوسا لە لایەن فریشتەکانەوە پێیان دەوترێ: ئەمڕۆ هاواری یەك جار مردن مەکەن، دەردتان گرانترەو بارتان زۆر قورسە بەڵکو داوای مردنی زۆر بکەن بەڵام نە وەڵامیان دەدرێتەوە ونە دەمرن تێیداو نە دەژین بە ژیانێکی ئاسودە، جا ئەو هاوارو دادەیشیان هیچ سودێکیان پێ ناگەیەنێت.

(١٥) ئایا ئەوە چاکە یان ئەو باغی هەتاهەتاییەی کە بەڵێن دراوە بۆ لە خوا ترسانو پارێزکاران؟ کە ئەوە بۆ پارێزکاران پاداشو ئایندەیانە،

(١٦) هەرچییان بوێ لەوێدا بۆیان هەیە و بۆ هەمیشەیش دەمێننەوەو ئەوە بەڵێنێکە لە لایەن پەروەردگارتەوە کە لە لایەن بەندەکانیەوە داواکراو دەبێت، چونکە بەڵێنی خوایەو بەڵێنی خوایش راستەو دێتەدی .

(١٧) ئەو رۆژەی کە ﷲ ئەوانو ئەوانەش کە پەرستویانن جگە لە ﷲ کۆ دەکاتەوە، جا پێیان دەفەرموێ: ئایا ئێوە ئەو بەندانەی منتان گومڕا کردوە یان ئەوان هەر خۆیان لەو رێگە راستە لایانداوە؟

(١٨) وتیان: پاکو بێگەردی بۆ تۆ، شتی وانابێو لەئێمە ناوەشێتەوە کە جگە لە تۆ هیچ دۆستێك بۆ خۆمان بگرین بەڵام تۆ گوزەرانت بۆ ئەوانو باو باپیرانیان ئەوەندە خۆش کردوە — کە بە مشە خواردیانو خواردیانەوە —تا یادی تۆیان لەبیر نەما، جا ئەوان گەلێکی فەوتاون.

(١٩) ئینجا ﷲ بەو بێ باوەڕانە دەفەرموێ: بەراستی ئاوا ئەوان بە درۆتان دەخەنەوە کە خودایانی ئێوە بن، جا چی دەکەن خۆ نە توانای لادانی سزاتان هەیە ونە یارمەتیەکتان بۆ هەیە نە لە خۆتانەوە ونە لە خوا دەستکردەکانتانەوە، جا هەر کەسێك لە ئێوە ستەم بکات بە تاوانو هاوبەشی دانان، دەبێ چاك بزانن کە سزایەکی زۆر گەورەی پێ دەچەژین بە مانەوەی هەتاهەتای لە دۆزەخدا.

(٢٠) هیچ کەسێکمان نەناردوە لە پێش تۆدا لە پێغەمبەران مەگەر ئەوانیش هەروەك تۆ خواردنیان دەخواردو بە بازارانیشدا دەگەڕان، جا ئێمە هەندێ لەخۆتانمان کردوە بە هۆی تاقیکردنەوەی هەندێکی ترتان، ئایا خۆرادەگرن لەسەر ئەو ئەزمونو تاقیکردنەوە تا پاداشتان وەرگرن یان خۆ ناگرن تا زیاتر داخوخەم بخۆن؟ ئەوسا خوای تۆ بینەری هەمو هەڵسو کەوتو کردارێکەو گەردیلەیەکیشی لێون نابێ.

وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ
أَوۡ نَرَىٰ رَبَّنَاۗ لَقَدِ ٱسۡتَكۡبَرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ وَعَتَوۡ عُتُوّٗا كَبِيرٗا
(٢١) يَوۡمَ يَرَوۡنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ لَا بُشۡرَىٰ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُجۡرِمِينَ وَيَقُولُونَ
حِجۡرٗا مَّحۡجُورٗا (٢٢) وَقَدِمۡنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُواْ مِنۡ عَمَلٖ فَجَعَلۡنَٰهُ
هَبَآءٗ مَّنثُورًا (٢٣) أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ يَوۡمَئِذٍ خَيۡرٞ مُّسۡتَقَرّٗا
وَأَحۡسَنُ مَقِيلٗا (٢٤) وَيَوۡمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ بِٱلۡغَمَٰمِ وَنُزِّلَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ
تَنزِيلًا (٢٥) ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡحَقُّ لِلرَّحۡمَٰنِۚ وَكَانَ يَوۡمًا عَلَى
ٱلۡكَٰفِرِينَ عَسِيرٗا (٢٦) وَيَوۡمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيۡهِ يَقُولُ
يَٰلَيۡتَنِي ٱتَّخَذۡتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلٗا (٢٧) يَٰوَيۡلَتَىٰ لَيۡتَنِي لَمۡ أَتَّخِذۡ
فُلَانًا خَلِيلٗا (٢٨) لَّقَدۡ أَضَلَّنِي عَنِ ٱلذِّكۡرِ بَعۡدَ إِذۡ جَآءَنِيۗ
وَكَانَ ٱلشَّيۡطَٰنُ لِلۡإِنسَٰنِ خَذُولٗا (٢٩) وَقَالَ ٱلرَّسُولُ
يَٰرَبِّ إِنَّ قَوۡمِي ٱتَّخَذُواْ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ مَهۡجُورٗا (٣٠) وَكَذَٰلِكَ
جَعَلۡنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّٗا مِّنَ ٱلۡمُجۡرِمِينَۗ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيٗا
وَنَصِيرٗا (٣١) وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ عَلَيۡهِ ٱلۡقُرۡءَانُ جُمۡلَةٗ
وَٰحِدَةٗۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَۖ وَرَتَّلۡنَٰهُ تَرۡتِيلٗا (٣٢)

(٢١) خۆئەوانەی کە هیوای گەیشتن بە ئێمەیان نیەو باوەڕیان بە دوا رۆژ نیە وتیان: دەبا فریشتە مان بۆبهاتایە؟ یان خوامان ببینایە ، بەراستی خۆیان زۆر بە زل زانیو نافرمانیان کرد بە نافرمانیەکی زۆر گەورە.

(٢٢) بەڵێ: بێباوەڕان بەشیك لە رەخنەکانیان نەهاتنی فریشتە بوو، جا خوا دەفەرموێ: ئەو رۆژەی کە ئەوان چاویان بە فریشتەکان دەکەوێت بارودۆخی تاوانباران لەو رۆژەدا جێگای کەیف پێ هاتنو مژدە نیە، جا ئەمە چ لەکاتی سەرەمەرگدا بێ چ لە ناو گۆڕو پاشان کۆکردنەوەدا بێ لە هەمو کاتێکدا چاو پێکەوتنی فریشتە بۆ ئەوان هەر لۆمەو سەرزەنشتە بە پێچەوانەی باوەڕداران کە چاو پێ کەوتنی فریشتە دڵدانەوەو مژدە پێدانیانە بە بەهەشتو رەزامەندی خوای میهرەبانە، جا دەڵێن: ئاوا بەو شێوەیە سزامان مەدەن، ئەشگونجێ قسەی فریشتەکان بێت واتە: ئەمرۆ مژدەو قسەی خۆش بۆ ئێوە نیەو ئەبێ ئەوە بەشتان بێت.

(٢٣) خۆ ئەوەیش کە کردبویان لە کردار هیچ نرخێکمان بۆ دانەناو کردمان بە تۆزێکی با بردوو، چونکە مەرجەکانی وەرگەرتنی تێدا نەبوە.
کرداری چاك لەپاش باوەڕبون کاتێك وەرئەگیرێ کە دوو مەرجی تێدا بێتە جێ، یەکەم: پاڵفتەی لە هەر شتێك کە کردەوە بەتاڵ بکاتەوە وەکو هەمو جۆرەکانی شیركو لاملی بۆ ئەنجامدانی، دووهەم: پەیڕەویکردنی شەریعەت لەئەنجامدانی عیبادەتدا، جا نەمانی یەکێك لەم دوومەرجانە کردەوەی چاکی مرۆڤ هەڵ دەوەشێنێتەوە خۆ ئاشکرایە لە لای بێباوەڕان هیچ کامیان نیە.

(٢٤) خەڵکانی بەهەشتی لەو رۆژەدا باشترین جێگاو جوانترین شوێنی حەسانەوەی نیوەڕۆیان هەیە، بە هۆی کردارو رەفتارو گوفتاری چاكو شەرع پەسەندیان.

(٢٥) خۆ ئەو رۆژەی کە ئاسمان بە هەور لەت دەبێو فریشتەکان بە رێکردن رێ دەکرێن بۆ سەر زەوی. جائەوفریشتانە گەمارۆی هەموخەڵك ئەدەن لەسەرای مەحشەرداوپەروەردگاری عالەمیش دێت بۆ حیسابی هەموان، ئەمە یەکێکە لە روداوە گرنگەکانی هاتنی پاشە رۆژ.

(٢٦) ئەو رۆژە دەسەڵاتی راستەقینە هەر تایبەتی ﷲیە وکەس هیچی لە دەست نایەت هەتا خودا رێی پێنەدا، جا ئەو کاتە رۆژێکی زۆر تەنگە لەسەر کافران.

(٢٧) لەو روژەدا ستەمکار لەداخا قەپ ئەکات بە هەردوو دەستی خۆیدا و دەڵێت: خۆزگە بە رێگەی پێغەمبەردا ﷺبچومایە .

(٢٨) وای بۆ من خۆزگە فڵانم نەکردایە بە دۆستی خۆم.

(٢٩) بەراستی ئەو دۆستە شەیتان سیفەتە، منی لادا لە قورئان پاش ئەوەی کە هاتە لامو ئەم توانی تێیبگەمو پەیڕەوی بکەم. خۆ شەیتان هەمیشە لادەری مرۆڤە لە رێی راستو خواناسی. خۆ ئەم روداوە ئەوەندە راستە وەك ئەوە رویدابێو دەفەرموێ:

(٣٠) جا پێغەمبەریشﷺوتی: ئەی پەروەردگارم بە راستی ئەم گەلەی من وازیان لەم قورئانە هێنا، جا چ رۆژێك تەنگترە لەو رۆژەی کە پێغەمبەرﷺ ئاوا شایەتیەك بدات

وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا ﴿٣٣﴾
ٱلَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ أُوْلَٰٓئِكَ شَرٌّ
مَّكَانًا وَأَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٣٤﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ
وَجَعَلْنَا مَعَهُۥٓ أَخَاهُ هَٰرُونَ وَزِيرًا ﴿٣٥﴾ فَقُلْنَا ٱذْهَبَآ إِلَى
ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا فَدَمَّرْنَٰهُمْ تَدْمِيرًا ﴿٣٦﴾ وَقَوْمَ
نُوحٍ لَّمَّا كَذَّبُوا۟ ٱلرُّسُلَ أَغْرَقْنَٰهُمْ وَجَعَلْنَٰهُمْ لِلنَّاسِ
ءَايَةً وَأَعْتَدْنَا لِلظَّٰلِمِينَ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿٣٧﴾ وَعَادًا وَثَمُودَا۟
وَأَصْحَٰبَ ٱلرَّسِّ وَقُرُونًۢا بَيْنَ ذَٰلِكَ كَثِيرًا ﴿٣٨﴾ وَكُلًّا ضَرَبْنَا
لَهُ ٱلْأَمْثَٰلَ وَكُلًّا تَبَّرْنَا تَتْبِيرًا ﴿٣٩﴾ وَلَقَدْ أَتَوْا۟ عَلَى ٱلْقَرْيَةِ
ٱلَّتِىٓ أُمْطِرَتْ مَطَرَ ٱلسَّوْءِ أَفَلَمْ يَكُونُوا۟ يَرَوْنَهَا بَلْ
كَانُوا۟ لَا يَرْجُونَ نُشُورًا ﴿٤٠﴾ وَإِذَا رَأَوْكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ
إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا ٱلَّذِى بَعَثَ ٱللَّهُ رَسُولًا ﴿٤١﴾ إِن كَادَ
لَيُضِلُّنَا عَنْ ءَالِهَتِنَا لَوْلَآ أَن صَبَرْنَا عَلَيْهَا وَسَوْفَ
يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ مَنْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٢﴾ أَرَءَيْتَ
مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا ﴿٤٣﴾

له پێشگای خوادا؟ ئەی خەڵکینە بافریای خۆمان بکەوین‌و هەرچی زووترە با ئاشتەوایی لەگەڵ خواو پەیامەکەیدا بکەین، ئەگینا دڵنیا بن کە ئەو رۆژە دێتە پێشەوەو پەنجەی پەشیمانی دەگەزین‌و پێغەمبەر ﷺ لێمان عاجز دەبێ شەفاعەتمان بۆناکات. ئینجا خوای گەورە دڵنەوایی پێغەمبەرمان ﷺ دەکات‌و دەفەرموێ:

﴿٣١﴾ هەر وەکو بۆ تۆ دوژمنانێکی دڕەق‌و سەرسەخت هەیە بۆ هەمو پێغەمبەرێکی پێش تۆیش دوژمنانێکمان لە تاوانباران بۆ داناوە کە بانگی خەڵك بکەن بۆ سەر لێشێواوی‌و بێباوەڕی، جا تۆ نائومید مەبە چونکە پەروەردگارت بەسە بۆت کە ڕێ پیشاندەرو یارمەتی دەرت بێت.

﴿٣٢﴾جا ئەوانەی کە باوەڕیان نەهێنا بو وتیان: دەی با ئەم قورئانە بە یەکجار بهاتایە خوارەوە . وەك تەورات‌و ئینجیل‌و زەبورو ئەوانی‌تریش، پەروەردگاریش دەمکوتیان دەکات‌و دەفەرموێ: . هەر ئاوەها بە گوێرەی پێویست رەوانەی ئەکەین بۆت تا دڵتی پێ سەقامگیر بکەین. لە راستیدا ئەگەر قورئان یەکجار بهاتایە خوارەوە لەو ماوە دورو درێژەی ژیانی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرماندا ﷺ لەگەڵ بونی ئەو هەمو تەنگو چڵەمەو سەختیەی پێغەمبەر ﷺ ویارانیدا لەوانەبو زۆرجار نائومێدی رووی تێ بکردنایەو ترسی ئەوەیان بوایە کە خوا تورەو بێزارە لێیان بەڵام هاتنی بە بەش بەشی‌و بەگوێرەی پێویست زیاتر گەرمو گوڕی پێدەدان‌و دڵنیا دەبون کە خوا لەگەڵیاندایەو بە تەنها لە گۆڕەپانی بانگەوازی‌و خەبات‌و جیهاددا بەجێی نەهێشتون . ئەوە بو فەرموی: وا دەکەین تا دڵت سەقامگیر بکەین‌و باشت بۆ رۆشن دەکەینەوەو چاکت بۆ بەیان دەکەین.

﴿٣٣﴾ جا ئەوان هیچ نمونەوپەند گەلێگت بۆ باس ناکەن بۆبەر پەرچدانەوەت ئێمە راستترت بۆ دێنین‌و جوانترت بۆ لێکدەدەینەوەو تێیان دەگەیەنین کە کام راستەو کام ناڕاست.

﴿٣٤﴾ لەپاشان خوا باسی خراپی دوا رۆژی بێ باوەڕان دەکات‌و دەفەرموێ: ئەوانە لەسەردەم‌و چاوانیان بەرەو دۆزەخ پاڵ دەنرێن، ئەوانە خراپترین جێگایان هەیە، چونکە لەدنیادا لارترین رێگایان هەڵبژاردبو. لە ئەنەسەوە هاتوە کە پیاوێك وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بێ باوەڕان لە رۆژی قیامەتدا چۆن لەسەردەمو چاویان کۆ دەکرێنەوە؟ جا فەرموی: بێگومان ئەو کەسەی کە لەسەر هەر دووقاچی بردویەتی بە رێدا دەتوانێت رۆژی قیامەتیش بە سەردەمو چاویدا بیبات بەرێدا.

﴿٣٥﴾ جاخوای باڵادەست هەڕەشە لە دوژمنانی ئایین‌و پێغەمبەرمان ﷺ دەکات‌و دەیانترسێنێت لەو کارەساتانەی کە بۆ دوژمنانی پێغەمبەرانی پێشو بوە، جا لە موساوە دەست پێ دەکات‌و دەفەرموێ: بە راستی ئێمە پەڕاوماندا بە موساو هارونی برایشمان کرد بە وەزیری.

﴿٣٦﴾جا پێمان وتن: بچن بۆ لای ئەو گەلەی کە بێ باوەڕبون بە نیشانەکانی ئێمە، ئەوسا ئەوانیش چون‌و پەیامی ﷲ یان پێ گەیاندن بەڵام ئەوان زیاتر لەخوا پەرستی دوورکەوتنەوەو دژایەتی موساو هارونیان کرد، خۆ ئێمەیش لە ناومان بردن چۆن لەناوبردنێك.

أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا
كَالْأَنْعَامِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٤﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ
الظِّلَّ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا
﴿٤٥﴾ ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا ﴿٤٦﴾ وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ
لَكُمُ اللَّيْلَ لِبَاسًا وَالنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَلَ النَّهَارَ نُشُورًا ﴿٤٧﴾
وَهُوَ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ ۚ وَأَنْزَلْنَا
مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا ﴿٤٨﴾ لِنُحْيِيَ بِهِ بَلْدَةً مَيْتًا وَنُسْقِيَهُ
مِمَّا خَلَقْنَا أَنْعَامًا وَأَنَاسِيَّ كَثِيرًا ﴿٤٩﴾ وَلَقَدْ صَرَّفْنَاهُ بَيْنَهُمْ
لِيَذَّكَّرُوا فَأَبَىٰ أَكْثَرُ النَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴿٥٠﴾ وَلَوْ شِئْنَا
لَبَعَثْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ نَذِيرًا ﴿٥١﴾ فَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ
وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا ﴿٥٢﴾ ۞ وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ
الْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا
وَحِجْرًا مَحْجُورًا ﴿٥٣﴾ وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُ
نَسَبًا وَصِهْرًا ۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا ﴿٥٤﴾ وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ
مَا لَا يَنْفَعُهُمْ وَلَا يَضُرُّهُمْ ۗ وَكَانَ الْكَافِرُ عَلَىٰ رَبِّهِ ظَهِيرًا ﴿٥٥﴾

(٣٧) جا گەلی نوحیش کاتێ باوەڕیان نەکرد بە پێغەمبەران نوقمی ناو دەریامان کردنو کردومانن بە پەند بۆ ژیر کردنی خەڵکی پاش ئەوان ـ گەلی نوح تەنها یەك پێغەمبەریان بووە کە نوحەو نۆسەدو پەنجا ساڵ لە ناویاندا ژیاوەو بەرە و ئایینو یەکتاپەرستی بانگی کردون بەڵام ئەوان بە گوێیان نەکردو خوا بە تۆفان ئەوانی خنکاندو نوحو پەیڕەوانی ڕزگار کرد، بەڵام باوەڕ نەبون بە یەك پێغەمبەر باوەڕنەبوونە بە هەمو پێغەمبەران بۆیە لێرەدا فەرموی: بێباوەڕبوون بە پێغەمبەران. جائەم سزاو تۆڵەیە تەنها بۆ یەك‌و دووگەل نیە بەڵکو ئامادەمان کردوە بۆ ستەمکاران سزایەکی بە ئازار.

(٣٨) خۆ عادو سەمودو یارانی بیر و گەلانی زۆری تریش لەو نێوانە دا هەر بەو دەردەی ئەوان چون.ڕس:واتە بیر.

(٣٩) بۆ هەمویان باس‌و ڕێنمایمان کرد، بەڵام ئەوان هیچکامیان لە هیچیان پەندیان وەرنەگرت‌و هەمویانمان لە ناو بردن چۆن لەناو بردنێك مەگەر هەر خۆیان بزانن چییان بەسەر هاتبێ.

(٤٠) بە ڕاستی ئەم گەلەی کە ئێستا دژایەتی تۆ ئەکەن ئەی محمد ﷺ ڕۆیشتوون بەناو ئەو دێهاتانەی کە ڕهێڵەی بارانی بەردیان بەسەردباری — گەلی لوت ئایا نەیانبینیون؟ نەخێر ئەوان وانازانن کە زیندو دەکرێنەوە.

(٤١) خۆ هەر کاتێك کە تۆ دەبینن هەر گاڵتەت پێ ئەکەن‌و دەڵێن: ئەمەیە کە خوا کردویەتی بە پێغەمبەر؟!

(٤٢) خۆ ئەگەر ئێمە خۆگر نەبوینایە خەریك بو لە بەندایەتی خواکانمان لامان بدات، واتە: شانازی ئەکەن بە دژایەتی پێغەمبەر ﷺ و خۆگرتنیان لەسەر بت پەرستی بۆیە خوا هەڕەشەیان لێ ئەکات‌و دەفەرموێ: بەم زوانە کاتێ کە سزایان دی ئەزانن کە کێ گومڕاو سەر لێتێکچوە.

(٤٣) پێم بڵێ ئەو کەسەی کە ئارەزۆی خۆی کردوە بە خوای خۆی‌و هەرچی بە ئارەزۆی خۆی چاك‌و جوان بێت پەیڕەوی ئەکات‌و هەرئەوە ئایینو ڕیبازێتی‌و پشت لە ئایینو ڕێبازی ئیسلام دەکات ئایا تۆ چاودێرو پاسەوانی ئەویت کە نەیەڵیت گومڕاو سەرلێشێواو بێت؟ واتە: کەسێك کە خوا بەدبەختو سەرلێ شێواوی بکات نە بە تۆو نە بە هیچ کەسی تر خۆشبەختو هیدایەت دراو نابێت تۆ تەنها ڕێنماییت لەسەرە.

(٤٤) یان تۆ وا ئەزانیت کە زۆربەی ئەوان ئەبیسن یان تێ دەگەن؟ نەخێر ئەوان هەر وەکو ئاژەڵ وان بەڵکو سەرلێشێواو نەزانترو لاڕێ ترن، چونکە ئەوانە بۆچی دروستکراون‌و بەو شێوەیە لەم ژیانەدا ئەژین، بەڵام ئەم مرۆڤە لاڕێ بوانە نازانن بۆچیش دروستکراون، جا کەسێك کە هاتنی بۆ دنیای بە دەست خۆی نەبوەو لە دنیا دەرچونیشی بەدەست خۆی نیەو پاشان زیندوکردنەوەیشی بۆ حیسابو پاداش‌و سزا بەدەست خۆی نەبێت ئەی نابێ بیر بکاتەوەو بزانێ بۆچی دروستکراوە؟ ﷻ دەفەرموێ: جنۆکەو ئینسانم تەنها بۆ بەندایەتی دروستکردوە.

(٤٥) ئینجا خوای گەورە چەندین نیشانەی بوون‌و دەسەڵاتی خۆیمان بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ: ئایا نەت دیوە کە پەروەردگارت چۆن سێبەری درێژ کردوەتەوە ئەگەر خۆی حەزی بکردایە ڕای دەوەستان، پاشان خۆرمان کردوەتە بەڵگە لەسەری خۆ ئەگەر خۆر نەبوایە سێبەر نەدەبینرا.

وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا (٥٦) قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ
مِنْ أَجْرٍ إِلَّا مَن شَآءَ أَن يَتَّخِذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا (٥٧) وَتَوَكَّلْ
عَلَى ٱلْحَىِّ ٱلَّذِى لَا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِۦ ۚ وَكَفَىٰ بِهِۦ بِذُنُوبِ
عِبَادِهِۦ خَبِيرًا (٥٨) ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا
فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۚ ٱلرَّحْمَٰنُ فَسْـَٔلْ بِهِۦ
خَبِيرًا (٥٩) وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱسْجُدُوا۟ لِلرَّحْمَٰنِ قَالُوا۟ وَمَا ٱلرَّحْمَٰنُ
أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا ۩ (٦٠) تَبَارَكَ ٱلَّذِى جَعَلَ فِى
ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا (٦١) وَهُوَ
ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ
شُكُورًا (٦٢) وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ
هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا (٦٣) وَٱلَّذِينَ
يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَٰمًا (٦٤) وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ
رَبَّنَا ٱصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ ۖ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا
(٦٥) إِنَّهَا سَآءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا (٦٦) وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُوا۟
لَمْ يُسْرِفُوا۟ وَلَمْ يَقْتُرُوا۟ وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا (٦٧)

(٤٦) پاشان هێواش هێواش ئەو سێبەرە لا دەبەین بەهۆی هەڵهاتنی خۆرەوە. لێرەدا پێنج بەڵگە لەسەر بونو دەسەڵاتی خۆی پیشان ئەدات کە ئەمە یەکێك بوو لەوانە.

(٤٧) دوهەمیان: خۆ هەر ئەو زاتەیە کە شەوی بۆ کردون بە پۆشاكو ئەتان شارێتەوەو خەوی کردوە بە هۆی حەسانەوەتانو ڕۆژیشی کردوە بە کاتی هەستانەوەو بڵاوبونەوەتان بەزەویدا بۆپەیداکردنی بژێویتان.

(٤٨) بەڵگەی سێهەم دەفەرموێ:جا اللَّه ئەو زاتەیە کە بای وەکو مژدەدەرێك پێش بارانو ڕەوانە کردنی ڕەحمەتی خۆی ناردوە تا دڵخۆشتان بکات بە نزیك بونەوەی باران بارین وە لەئاسمانەوە ئاوێکی پاكو خاوێنمان بۆ ناردون.

(٤٩) تا بەو ئاوە وڵاتی مردوی بێ گژو گیا زیندو بکەینەوەو ئەوەیش کە دروستمان کردوە لە ئاژەڵو خەڵکێکی زۆر ئاوی پێ بدەین.

(٥٠) بە ڕاستی ئەم ئاوەشمان بە شێوەی جیاجیا بە هەندێ شوێن زۆرو بە هەندێ کەمو بە هەندێکیش هەر هیچ بەشمان کرد لەناویاندا تا بیر بکەنەوەو تواناو هێزی پەروەردگاریان بۆ دەرکەوێتو باوەڕی پێ بکەن کەچی زۆربەی خەڵك هەر بێباوەڕییان دەوێت!

(٥١) ئەگەر حەزمان لێبوایە بۆ هەمو شارو دێهاتێك پێغەمبەرێکمان دەنارد کە بەرەو خواپەرستیو ڕێگای ڕاست بانگیان بکات بەڵام ئێمە ئەی محمدﷺتەنها تۆمان هەڵبژاردوە بۆ هەمو خەڵك بۆ گەیاندنی ئەم قورئانە، هەر وەکو خۆی دەفەرموێ: {كَانَ النَّبِيُّ يُبْعَثُ إِلَى قَوْمِهِ خَاصَّةً وَبُعِثْتُ إِلَى النَّاسِ كَافَّةً/ البخاري/ هەر پێغەمبەرێك ڕەوانە کراوە بۆ گەلی خۆیو من بۆ هەمو خەڵك ڕەوانە کراوم}

(٥٢) جا تۆ گوێ مەدە قسەی کافرانو بەو شێوەی کە ئەو قورئانە داوا دەکات کۆششو جیهادێکی گەورەیان لەگەڵدا بکە تا ملکەچ دەبن بۆ فرمانی اللَّه. جا ئەوەی کە بەڵگەیە لە سەر ئەو خەڵکە تەنها ئەم قورئانەیە کە فەرمودەکانی پێغەمبەریشﷺ ماناو ڕۆشنکەرەوەیەتی.

(٥٣) لە بەڵگەی چوارەمیاندا دەفەرموێت: خۆ اللَّه ئەو زاتەیە کە دوو دەریای بە یەك گەیاندوە، ئەمیان ئاوی زۆر شیرینوتینوشکێنە ئەمی تریان ئاوی زۆر سوێروتاڵە، جا لە نێوانیاندا لەمپەرێکی زۆر بەهێزی داناوە کە ڕێگرێکی زۆربتەوەو نایەڵێت تێکەڵاو ببنو ئەو لەمپەرو ڕێگرەیش ئێمە بە چاو نایبینینو ڕێگری هاتوچۆی کەشتیەکانیش ناکات بەڵام نایەڵێت ئەو دوو ئاوە تێکەڵ بن، دەی چ هێزێك دەتوانێت ئەو ئیشە بکات جگە لە اللَّه؟ وە سودێکی ئەو سوێرییەش ئەوەیە کە نایەڵێت دەریاکان بۆگەن بکەنو هەوایش خۆشتر دەکات.

(٥٤) بەڵگەی پێنجەم: جا اللَّه ئەو زاتەیە کە لەو ئاوە کەمو بێهێزو بێنرخە مرۆڤی دروستکردوەو کردویەتی بە دوو بەشەوە، نێرو مێو لەو ڕێگاوە دووبارە خەڵك ئەگاتەوە بەیەك بە نەژادو بە ژنو ژنخوازی، خۆ پەروەردگارت زۆر بە توانایە، کەچی ئەوان سپڵەو خوانەناسن، نە لە هێزو دەسەڵاتی دەترسن، وە نەسوپاسی نیعمەتەکانی دەکەن.

(٥٥) جا ئەوان بەندایەتی دەکەن بۆ شتانێك جگە لە اللَّه کە نە سودیان پێدەداتو نە زیان، خۆ خوانەناس بۆ

دژایەتی پەروەردگاری خۆی پشت قایمکەری یەکترن، بەڵام سەرئەنجام بەشیان تێکشکان‌و لەناو چوونە.

(٥٦) جا تۆمان تەنها بۆ ئەوە ناردوە کە مژدەدەر بیت بە بەهەشت لە پاشە ڕۆژداو سەرکەوتن لە دنیادا بۆ چاکەکاران‌و ترسێنەر بیت بۆ خوانەناسان بە دۆزەخ لە دوارۆژداو بەلەناوچون‌و نەمان لە دنیادا.

(٥٧) بڵێ: لەسەر گەیاندنی ئەم قورئانە بە ئێوە من داوای هیچتان لێناکەم جگە لەوەی کە کێ دەیەوێ با ئەم ڕێبازە بەرەو پەروەردگاری خۆی بگرێتە بەر، جا ئیتر با ماڵ‌و دەسەڵاتی بە ویست‌و ئارەزۆی خۆی لەم ڕێگا بەنرخەدا ببەخشێت.

(٥٨) جا تۆ پشت ببەستە بەو زاتە زیندوەی کە نامرێت، وەلەگەڵ سوپاس کردنیدا یادی ئەو بکە، خۆ بەسە کە ئەو زۆر بە ئاگایە لە گوناهی بەندەکانی‌و هیچی لێون نابێت.

(٥٩) ئەو زاتەی کە ئاسمانان‌و زەوی‌و ئەوەی کە لە نێوانیاندایە لە شەش ڕۆژدا دروستکردوە، پاشان بەو شێوەی کە شایانی ئەو زاتەیە لەسەر تەختی فرمانڕەوای وەستاو ئیشەکانی جێبەجێ دەکات‌وحەق‌و ڕاستیەکان بڕیار دەدات، وەهەر ئەوە چاکترین جیاکەرەوە کە بە سۆزو میهرەبانە بۆ هەمو دروست کراوەکانی، جا ئەگەر تۆ ئەمە نازانیت دەی لەو کەسەی کە زۆر چاك دەزانێت بپرسە، واتە: لەم بارەوە تەنها لە ﷲ خۆی بپرسەو هەر ئەوەی کە ئەو بە تۆ دەڵێت ڕاستە.

(٦٠) خۆ هەر کاتێك بەوان بوترێت سەردانەوێنن‌و گەردنکەچ بن بۆ ڕەحمان دەڵێن: ڕەحمان کێیە؟ ئایا سوجدە ببەین‌و گەردن کەچ بکەین بۆ ئەوەی کە تۆ پێمان دەڵێیت؟وە ئەم بانگ کردنە بۆ بەندایەتی بۆ ڕەحمان شتێکی لە ئەوان زیاد نەکرد جگە لە دور بونەوەیان لە حەق‌و ڕاستی،

ئەوان باوەڕیان بە وەسفی ڕەحمان نیە بۆﷲ ئەوە بو لە ئاشتەوایی حودەیبیەشدا ڕازی نەبون کە بنوسرێت‌و وتیان: ئێمە ڕەحمان‌و ڕەحیم ناناسین.

(٦١) بێگەردەو خاوەنی فەڕو چاکەی زۆرە ئەو زاتەی کە لە ئاسماندا چەندین کۆشك‌و لە ناویدا چرایەکی گەرم‌و ڕۆشن کە خۆرەو مانگی روناك کەرەوەی داناوە، جا ئەو کۆشکانە بریتی بن لەو ئەستێرە گەورانە یان هەر کوشك بن‌و هێشتا زانیاری لە بارەیانەوە شتێکی نەزانی بێت دور نیە.

(٦٢) خۆهەر ئەو زاتەیە کە شەووڕۆژ دێنێت بە دوای یەکداو بە گوێرەی پێویستی مرۆڤ لە یەکێکیان کەم دەکاتەوەو دەیداتە دەم ئەویتریان کە گەورە ترین بەڵگەیە بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت بیر بکاتەوە یان سوپاسی خوا بکات.

(٦٣) ئینجا پەروەردگاری جیهان هەندێ لە سیفەتە بەرزو بە نرخەکانی بەندە شایستەکانی خۆیمان بۆ باس ئەکات‌و ئەفەرموێ: جا بەندە ڕاست‌و چاکەکانی ڕەحمان ئەو کەسانەن کە بە ئارامی‌و بێفیز لە سەر زەویدا دەڕۆن‌و هەر کاتێك نەزانان قسەی خراپیان لەگەڵدا بکەن قسەی چاك‌و بێزیان دەڵێن‌و بە ناشیرینی وەڵامیان نادەنەوە، چونکە دڵی باوەڕداری ڕاستەقینە پڕیەتی لە سۆزو خۆشەویستی‌و چاکەخوازی‌و " کاسەیش چی تێدا بێت هەر ئەوەی لێدەرژێت".

(٦٤) جا ئەوانە کەسانێکن کە شەوان بۆ پەروەردگاریان لەسوجدەو لە وەستاندان.

(٦٥) وە ئەو کەسانەن کە دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان لە سزای دۆزەخ لامان بدە کە بێگومان سزای ئەو ئەچەسپێت بە مرۆڤەوەو لێی جیا نابێتەوە.

(٦٦) بێگومان کە دۆزەخ خراپترین ئارامگاو جێگایە.

(٦٧) جا ئەوانە کەسانێکن هەر کاتێك شتیان بەخشی نە زیادەڕەوی دەکەن‌و نە ڕەزیلی بەڵکو مام ناوەندن لەو نێوانەدا.

وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ
الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ
أَثَامًا (٦٨) يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ
مُهَانًا (٦٩) إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا
فَأُولَٰئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا
رَّحِيمًا (٧٠) وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَإِنَّهُ يَتُوبُ إِلَى اللَّهِ
مَتَابًا (٧١) وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ
مَرُّوا كِرَامًا (٧٢) وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ
لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا (٧٣) وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا
هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا
لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا (٧٤) أُولَٰئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا
صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَامًا (٧٥) خَالِدِينَ
فِيهَا ۚ حَسُنَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا (٧٦) قُلْ مَا يَعْبَأُ بِكُمْ رَبِّي
لَوْلَا دُعَاؤُكُمْ ۖ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا (٧٧)

سُورَةُ الشُّعَرَاءِ ٢٦ ٢٢٧

(٦٨) وه بەندە چاكەكانی رەحمان ئەو كەسانەن كە لەگەل ﷲدا پەرەستراوێكی تر ناپەرستن‌و هاوارو پەنا بۆ هیچ شتێكی‌تر نابەن، جا ئەو گیانەیش كە خوا قەدەغەی كردوە لێیان نایكوژن، مەگەر لەسەر حەق. وەك ئەو كەسەی كە كەسێكی بە ناحەق كوشت بێ یان لە ئایین پاشگەز بوبێتەوە یان هاوسەری حەلاڵی بوو بێت‌و زینا بكات كە ئەوە بەحەق دەكوژرێت، خۆ زینایش ناكەن. جا هەر كەسێك شتێك لەوانە ئەنجام بدات دەگات بە تۆڵەی تاوانی خۆی. لە عەبدوڵای كوڕی مەسعودەوە هاتوە كە وتویەتی: { سَأَلْتُ أَوْ سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَيُّ الذَّنْبِ عِنْدَ اللَّهِ أَكْبَرُ قَالَ أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ قُلْتُ ثُمَّ أَيٌّ قَالَ ثُمَّ أَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ خَشْيَةَ أَنْ يَطْعَمَ مَعَكَ قُلْتُ ثُمَّ أَيٌّ قَالَ أَنْ تُزَانِيَ بِحَلِيلَةِ جَارِكَ قَالَ وَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ تَصْدِيقًا لِقَوْلِ رَسُولِ اللَّهِ ﴿ وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ﴾ /متفق عليه / لە پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیارم كرد یان پرسیاری لێكرا: كام گوناهە گەورەترە؟ فەرموی: ئەوەیە كە تۆ هاوبەش بۆ ﷲ دابنێیت لە كاتێكدا كە ئەو تۆی دروستكردوە، وتم: پاش ئەوە چی‌تر؟ فەرموی: ئەوەیە كە تۆ منداڵی خۆت بكوژیت لە ترسی ئەوەی كە خواردنت لەگەڵدا بخوات، وتم: پاش ئەوە چی تر؟ فەرموی: ئەوەیە كە زینا لەگەڵ ژنی دراوسێكەتدا بكەیت، عەبدوڵا وتی: جا بۆ دان پێدانان بۆ راستی ئەو فەرمودەیە ﷲ ئەم ئایەتەی دابەزاند﴿جا بەندە چاكەكانی رەحمان ئەو كەسانەن كە لەگەل ﷲدا پەرەستراوێكی تر ناپەرستن‌و هاوارو پەنا بۆ هیچ شتێكی تر نابەن، وە ئەو گیانەی كە خوا قەدەغەی كردوە لێیان نایكوژن مەگەر لەسەر حەق، وە زینا ناكەن﴾

(٦٩) لە رۆژی قیامەتیشدا سزای ئەوخراپەكارە چەند بەرانبەر دەكرێت‌و لە ناو ئەو سزایەدا بۆ هەمیشە بە بێ نرخی‌و سوكی دەمێنێتەوە. لە عەبدوڵای كوڕی عەباسەوە بوخاری‌و موسلم هێناویانە كە خەڵكێكی موشریك خەڵكیان زۆر كوشت بوو زینایان كرد بو، پاشان هاتنە خزمەتی پێغەمبەر ﷺو وتیان: بە راستی ئەوەی كە تۆ دەیڵێیت‌و بانگ دەكەیت بۆلای زۆر جوانە، ئای هەواڵت پێ بداینە كەئایا كەفارەتی ئەوەی كە كردومانە هەیە؟ جا ئەم ئایەتەو ئایەتی پەنجاوسێی سورەتی (زومەر) دابەزین.

(٧٠) بەڵێ هەر كەسێك یەكێك لەوسێ تاوانە گەورە ئەنجام بدات ئەوە سزایەتی كە وترا مەگەر پەشیمان ببێتەوەو كار بكات بە كار كردنێكی چاك جا ئەگەر وای كرد ﷲ خراپەكانی بۆ دەگۆڕێتەوە بە چاكە، ئەوەش لای خوا دور نیە چونكە ئەو زاتە زۆر لێبوردەو بە سۆزە بۆ بەندەكانی. پیغەمبەرﷺ باسی پیاوێك دەكات كە ئاخر كەس لە ناو ئاگری دۆزەخ دەردەهێنریت‌و ئەخرێتە بەهەشتەوە، جا لە كاتی حیسابی كردەوەكانیدا ﷲدەفەرموێ: باسی تاوانە گەورەكانی مەكەن‌و تەنها پرسیاری بچوكەكانی لێ بكەن، جا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {فَيُقَالُ لَهُ عَمِلْتَ كَذَا وَكَذَا يَوْمَ كَذَا وَكَذَا عَمِلْتَ كَذَا وَكَذَا فِي يَوْمِ كَذَا وَكَذَا قَالَ فَيُقَالُ لَهُ فَإِنَّ لَكَ مَكَانَ كُلِّ سَيِّئَةٍ حَسَنَةً قَالَ فَيَقُولُ يَا رَبِّ لَقَدْ عَمِلْتُ أَشْيَاءَ مَا أَرَاهَا هَا هُنَا قَالَ فَلَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺضَحِكَ حَتَّى بَدَتْ نَوَاجِذُهُ/مسلم وغيره/ پێی دەوترێت : ئەو گوناهەو ئەو گوناهەت لە فلان‌و فلان رۆژدا كردوە، ئەو

گوناهەو ئەو گوناهەت لە فلانو فلان رۆژدا کردوە، پێغەمبەری خوا ﷺفەرموی: جا بێگومان پێی دەوترێت لە جیاتی هەمو خراپەیەکدا چاکەیەکت بۆ حیساب دەکرێت ئینجا کابرا دەڵێت : ئەی پەروەردگارم بەراستی گوناهانێکم کردوە کە لێرەدا نایان بینم، ئەبو زەڕ وتی: جا پێغەمبەرم ﷺ دی کە ئەوەندە پێکەنی تا دانە پیرۆزەکانی پێشوی دەر کەوتن} بەڵێ پەروەردگار ئەوەندە لێبوردەو میهرەبانە تەنانەت هەندێ کەس لە وانەی کە نەك هەر تاوانەکانی بۆ گۆڕیون بەچاکە بەڵکو بەهۆی میهربانی ئەو زاتەوە تەماع دەیانگرێتو ئاوات دەخوازن کە گوناهی زۆرتریان بکردایە وەك لەم فەرمودەدا هاتوە: {لَيَتَمَنَّيَنَّ أقوامٌ لَو أكْثَرُوا مِنَ السَّيِّئاتِ قَالُوابِمَ يارَسُولَ الله؟ قال الَّذين بَدَّلَ الله عَزَّ وَجَلَّ سَيِّئاتِهِم حَسَناتٍ/السلسلة الصحيحة/بەراستی گەلانێك ئاوات دەخوازن کە گوناحی زۆریان بکردایە، وتیان: لەبەرچی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرموی: چونکە کەسانێکن کەخوای بە دەسەڵاتی بەشکۆ خراپەکانی بۆ گۆڕیون بە چاکە}

(٧١) جا هەر کەسێك پەشیمان بویەوە لە تاوانو ئیشی چاکی کرد بێگومان ئەوەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ لای ﷲ و پەشیمانیەکەی لێ وەردەگیرێت.

(٧٢) جا ئەوانە کەسانێکن کەشایەتی درۆ نادەن، خۆ هەر کاتێکیش بەلای شتێکی خراپدا بڕۆن زۆر بە بەرێزانە تێ دەپەڕنو خۆیان بەو شتە خراپانە ناشیرینو لەکەدار ناکەن.

(٧٣) خۆ ئەوانە کەسانێکن کە هەر کاتێ ئامۆژگاری کران بە ئایەتەکانی پەروەردگاریان هەروا کەڕو کوێرانە بەسەریا تێناپەڕن، بەڵکو لێی ورد دەبنەوەو سودی لێوەر دەگرن.

(٧٤) جا ئەوانەیشن کە دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان هاوسەرانو وەچەیەکمان پێ ببەخشە کە چاكو پاكو چاورۆشن کەرەوە بن بۆمانو وامان لێبکەیت کە بۆ پارێزکاران پێشەواو چاو لێکراو بین. بەڵێ، بەندە راستەکانی رەحمان پێیان خۆشە هاوسەرو وەچەو نەوەکانیشیان چاكو پاك بن تا پاداشتی گەورەتریان دەست بکەوێت ئەوەتە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: { إذَا مَاتَ الْإنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إلَّا مِنْ ثَلَاثَةٍ إلَّا مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ/ مسلم / هەر کاتێك مرۆڤـ مرد کرداری دوایی دێت مەگەر لە سێ رێگاوە یەکەمیان: چاکەیەك کە پاش خۆی بمێنێتەوە وەك مزگەوتو پردو بیرو نەخۆشخانە، دوهەمیان: زانیارییەك کە پاش خۆی سودی لێوەر بگیرێت. سێهەمیان: منداڵی چاك کە دوعای بۆ بکات} وە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئیمامەتو پێشەوایەتی شتێکی کەسبیە. وە مروڤ بە پارێزکاریو علیمو کۆشش بەگوێرەی شەریعەت دەگات بە پلەی ئیمامەت بەڵام ئەگەر ئەمرێکی تەوقیفیو دیاریکراو لە لای ﷲ وە بوایە ئەم دوعایەیەی کە ﷲ وەسفی خاوەنەکەی دەکات بێماناو مەفهوم دەبێت کەئەمە بەڵگەیەکە لەسەر ئەو بۆچونە هەڵەو بێ سەروبەرەی کە ئیمامەت بە پلەیەکی گەورەتر لەپلەی پێغەمبەرایەتیو دیاری کراو بە بنەماڵەیکی تایبەت دەزانێو پێی وایە کە کەسی تر جگە لەوان ناگەیەت بەو پلەیەو ناتوانێت داوایشی بکاتو دەستکاری ئەم ئایەتەشیان کردوە وەك ئایەتەکانی تری ئەم قورئانە پیرۆزەو دەڵێن: ئایەتەکە گۆڕاوەو درۆیەك لە ئیمامی سادقەوە دەهێنن کە گوایە لەم بارەوە لەویان پرسیوە ئەویش وتویەتی: (قد سَألوا الله عظيماً أن يَجعَلَهُم لِلمُتَقِينَ أئِمَةً، فقيل له: كَيفَ هذا يا ابنَ رَسولِ الله؟ قال: إنما أنزَلَ اللهُ "وَاجْعَلْ لَنا مِنَ الْمُتَقِينَ إماماً" [تفسير القمي" سورة الفرقان] واتە: داوای شتێکی گەورە دەکەن لە ﷲ کە بییان کات بە ئیمام بۆ پارێزکاران، واتە: ئەم ئیمامەتە لەوە گەورەترە کە کەسێك بییەوێت لە ﷲ دەوای ئەو پلەیە بکات وتیان: ئەی کوڕی پێغەمبەری خوا ئەی چۆن دابەزیوە، وتی: ﷲ تەنها بەم شێوەیە رەوانەی کردوە "لەناو پارێزکاراندا ئیمامێکمان بۆدا بنێ"!).

ئینجا خوای گەورەو میهرەبان لە پاداشتی ئەو بەندە چاکانەی خۆیدا کە خاوەنی ئەو سیفەتانە بن دەفەرموێ:

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

طسٓمٓ (١) تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ (٢) لَعَلَّكَ بَٰخِعٌ نَّفْسَكَ
أَلَّا يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ (٣) إِن نَّشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ءَايَةً فَظَلَّتْ
أَعْنَٰقُهُمْ لَهَا خَٰضِعِينَ (٤) وَمَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ مُحْدَثٍ
إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهُ مُعْرِضِينَ (٥) فَقَدْ كَذَّبُوا۟ فَسَيَأْتِيهِمْ أَنۢبَٰٓؤُا۟ مَا كَانُوا۟
بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ (٦) أَوَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلْأَرْضِ كَمْ أَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ
كَرِيمٍ (٧) إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ (٨) وَإِنَّ
رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ (٩) وَإِذْ نَادَىٰ رَبُّكَ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱئْتِ ٱلْقَوْمَ
ٱلظَّٰلِمِينَ (١٠) قَوْمَ فِرْعَوْنَ ۚ أَلَا يَتَّقُونَ (١١) قَالَ رَبِّ إِنِّىٓ أَخَافُ
أَن يُكَذِّبُونِ (١٢) وَيَضِيقُ صَدْرِى وَلَا يَنطَلِقُ لِسَانِى فَأَرْسِلْ
إِلَىٰ هَٰرُونَ (١٣) وَلَهُمْ عَلَىَّ ذَنۢبٌ فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ (١٤) قَالَ
كَلَّا ۖ فَٱذْهَبَا بِـَٔايَٰتِنَآ ۖ إِنَّا مَعَكُم مُّسْتَمِعُونَ (١٥) فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ
فَقُولَآ إِنَّا رَسُولُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ (١٦) أَنْ أَرْسِلْ مَعَنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ
(١٧) قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ (١٨)
وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ ٱلَّتِى فَعَلْتَ وَأَنتَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ (١٩)

(٧٥) ئەوانە بە هۆی خۆ راگرتنیان لەسەر ئەو رەوشتە سیفەتە جوانانەیان هۆدەکانی بەهەشتیان پێدەدرێتو لە ناویاندا لە لایەن پەروەردگاری جیهانیانو فریشتەکانەوە پێشوازیو سەلامیان لێ دەکرێت،

(٧٦) کە بۆ هەمیشە دەمێنێنەوە لە ناویدا، جوان ئارامگاو جێگایەکە ئەو بەهەشتە.

(٧٧) ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ: ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئەگەر لەبەر بەندایەتیتان نەبێت پەروەردگارم هیچ گوێتان پێ نادات، چونکە ئێوەی بۆ بەندایەتی دروستکردوە، جا بە راستی ئێوە ئەی بێباوەڕان ئەم پەیامو پێغەمبەرەتان بە درۆ خستەوەو دەستتان لە کوفرو تاوان هەڵنەگرت، بەم زوانە سزای ئەوتاوانانە دەچەسپێت پێتانەوەو لێتان جیانابێتەوە.

(٢٦) سورەتی شوعەرا (٢٢٧)

سورەتی شوعەرا کە سورەتی بیستو شەشەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، دووسەدوبیستو حەوت ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی چلو حەوتەمەو پاش سورەتی (الواقعة)و پێش (النمل) دابەزیوە. وشەی(الشعراء) یەکجار لە قورئاندا ئەویش لە ئایەتی دووسەدوبیستو چواری ئەم سورەتە هاتوە.

بەناوی الله ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) تا سین میم.

(٢) ئەمانە کە لەم سورەتەدا دێن بەڵگەکانی ئەم پەڕاوە ڕۆشنکەرەوەیە کە حەقو بەتاڵو چاکو خراپ لەیەك جیا دەکاتەوە، بەڵام سەر لێ شێواوو هەواو هەوەس پەرستان بەڕاستی نازانن و دژایەتی دەکەن، جا پێغەمبەری ئازیزمانﷺ بەمە زۆر خەمی دەخوارد، بۆیە پەروەردگاری میهرەبان دڵنەوایی دەکاتو دەفەرموێ:

(٣) بە خەمو پەژارە تۆ دەتەوێت خۆت بکوژیت لەسەر ئەوەی کە ئەوان باوەڕ بەم پەڕاوە ناکەن!

(٤) ئەگەر ئێمە ئارەزۆمان لێ بێت لە ئاسمانەوە نیشانەیەکیان بۆ دەنێرین کە نەتوانن هیچ ملەجەڕەیەك بکەن، جا گەردنی بۆ کەچ بکەن، بەڵام ئێمە باوەڕی بە زۆرەمێلمان ناوێت بەڵکو باوەڕێکمان دەوێت کە بە کەیفی خۆی هە ڵبژێرێت، جا تۆ خۆت نارەحەت مەکەو تەنها پەیامەکەت ڕابگەیەنە، ئێمە ئاگاداری ئەوانینو لەسەر هەڵوێستی ئەوان سەبارەت بەو پەیامە پاداشتو سزایان دەدەین.

(٥) ئینجا اللهباسی هەڵوێستی زۆربەی خەڵك بەرامبەر بەو پەیامە دەکاتو دەفەرموێ: ئەوان هەمیشە پشت دەکەنە هەموو قسەو باسێکی تازە کە لەلای ڕەحمانەوە بۆیان بێت.

(٦) بەڕاستی ئەوان باوەڕیان نەکرد بەم پەیامە، جا بەم زوانە پێیان دەگات هەواڵی ئەوەی کە گاڵتەیان پێدەکرد،

واتە: ﷲ لە دنیادا دوچاری بەڵایان دەکاتو لە قیامەتیشدا بە ئاگری دۆزەخ سزایان دەدات.

(٧) لە پاشان ﷲ بۆ ئەوەی بیر بکەنەوەو دەست لە خوانەناسی هەڵگرن هەندێك لە بەڵگەی دەسەڵاتو گەورەیيو توانایی خۆی باس دەکاتو دەفەرموێ: ئایا خوا نەناسان تەماشای زەوی ناکەن کە ئەو هەمو گژوگیای جووتەو لەیەکچووانەمان تێیدا ڕوواندوە کە سوودو کەڵکی جوانو چاکیان لێ وەردەگرن؟

(٨) بێگومان لەو هەمو گژوگیای ڕەنگاورەنگو بە کەڵکانە بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ خاوەن هۆشان، بەڵام زۆربەی ئەوان باوەڕدارنین.

(٩) بێگومان پەروەردگارت دەسەڵاتدارەو بە توانایە بۆ تۆڵە سەندن لەستەمکارانو بە بەزەیی ومیهرەبانە سەبارەت بە چاکەکارانی خوا ناس. ئەم دوو ئایەتە هەشت جار لەم سورەتەدا هاتوە.

(١٠) ئینجا هەر لەم سورەتەدا بەسەرهاتی حەوت پێغەمبەرمان کە لە موساوە دەست پێ دەکات بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ: بۆ گەڵەکەت باس بکە وەبیریان بێنەوە ئەو کاتەی کە پەروەردگارت بانگی موسای کرد کە بچێت بۆ لای ئەو گەلە ستەمکارە.

(١١) واتە:گەلی فیرعەونو پێیان بڵێ: ئایا ئێوە ناترسن لە ﷲ و واز لە تاوانو ستەم بهێننو تەنها ﷲبپەرستن؟!

(١٢) موسا وتی: ئەی پەروەردگارم بەڕاستی من دەترسم بە درۆم بخەنەوەو باوەڕم پێ نەکەن

(١٣) جا منیش بەوە دڵم تەنگ ببێتو قسەم بۆ نەیەت، جا ڕاسپێری بکە بۆ لای هارون، بۆ ئەوەی پشتیوانو یارمەتیدەرم بێت.

(١٤) جا ئەوان ڕقێکی کۆنیان لە منەوە دەترسم لەسەرئەوە بم کوژن.

(١٥) ﷲ فەرموی: نەخێر ئەوەیان پێ ناکرێت، جا هەردووکتان بە بەڵگەکانی ئێمەوە برۆن بۆ لای فیرعەون

قَالَ فَعَلْتُهَآ إِذًا وَأَنَا۠ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٢٠﴾ فَفَرَرْتُ مِنكُمْ لَمَّا خِفْتُكُمْ
فَوَهَبَ لِى رَبِّى حُكْمًا وَجَعَلَنِى مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٢١﴾ وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا
عَلَىَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٢٢﴾ قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ
﴿٢٣﴾ قَالَ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَآ ۖ إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ
﴿٢٤﴾ قَالَ لِمَنْ حَوْلَهُۥٓ أَلَا تَسْتَمِعُونَ ﴿٢٥﴾ قَالَ رَبُّكُمْ وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ
ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٦﴾ قَالَ إِنَّ رَسُولَكُمُ ٱلَّذِىٓ أُرْسِلَ إِلَيْكُمْ لَمَجْنُونٌ ﴿٢٧﴾
قَالَ رَبُّ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَمَا بَيْنَهُمَآ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٢٨﴾ قَالَ
لَئِنِ ٱتَّخَذْتَ إِلَٰهًا غَيْرِى لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ ٱلْمَسْجُونِينَ ﴿٢٩﴾ قَالَ
أَوَلَوْ جِئْتُكَ بِشَىْءٍ مُّبِينٍ ﴿٣٠﴾ قَالَ فَأْتِ بِهِۦٓ إِن كُنتَ مِنَ
ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٣١﴾ فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِىَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴿٣٢﴾ وَنَزَعَ يَدَهُۥ
فَإِذَا هِىَ بَيْضَآءُ لِلنَّٰظِرِينَ ﴿٣٣﴾ قَالَ لِلْمَلَإِ حَوْلَهُۥٓ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ
عَلِيمٌ ﴿٣٤﴾ يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِۦ فَمَاذَا
تَأْمُرُونَ ﴿٣٥﴾ قَالُوٓا۟ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَٱبْعَثْ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ
﴿٣٦﴾ يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٍ ﴿٣٧﴾ فَجُمِعَ ٱلسَّحَرَةُ
لِمِيقَٰتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿٣٨﴾ وَقِيلَ لِلنَّاسِ هَلْ أَنتُم مُّجْتَمِعُونَ ﴿٣٩﴾

کە ئێمە بە یارمەتیو چاودێری لەگەڵتانین، بێگومان ئەوەی کە ئێوەو ئەوان دەیڵێن دەیبیسین.

(١٦) هەردووکتان بچنە لای فیرعەونو پێی بڵێن: ئێمە فرستادەی پەروەردگاری جیهانیانین.

(١٧) ئەوەی ئیسرائیلمان لەگەڵ بخە. بەڵێ ئەمانیش هەردووکیان چوونو ئەم پەیامەیان گەیاندە فیرعەون.

(١٨) فیرعەونیش وتی: ئایا ئێمە تۆمان بەمندالی گەورە نەکرد، ئەوسا چەند ساڵی تەمەنیشت لەناو ئێمەدا مایتەوە؟

(١٩) جا کردت ئەو کارەی کە کردت، کە پیاوێکی قیبتی لە دەست کوژرا کە "إن شاء الله" لە سورەتی قەصەص دا باسی دێت، وا دیارە کە تۆ ئەی موسا لە ڕیزی نمەك نەناسانی؟!

(٢٠) موسا ﷺوتی: من ئەو کاتە ئەوەم کردو منیش لەریزی ڕێ لێ ونبواندا بووم.

(٢١) ئەوسا منیش ئەو کاتە لە ترسی ئێوە ڕام کردو وڵاتم بەجێ هێشت، جا پاش دە ساڵ ئاوارەیی گەڕامەوە ئینجا

لَعَلَّنَا نَتَّبِعُ ٱلسَّحَرَةَ إِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلْغَٰلِبِينَ (٤٠) فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ
قَالُوا۟ لِفِرْعَوْنَ أَئِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ ٱلْغَٰلِبِينَ (٤١) قَالَ نَعَمْ
وَإِنَّكُمْ إِذًا لَّمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ (٤٢) قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلْقُوا۟ مَآ أَنتُم مُّلْقُونَ
(٤٣) فَأَلْقَوْا۟ حِبَالَهُمْ وَعِصِيَّهُمْ وَقَالُوا۟ بِعِزَّةِ فِرْعَوْنَ إِنَّا لَنَحْنُ
ٱلْغَٰلِبُونَ (٤٤) فَأَلْقَىٰ مُوسَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِىَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ
(٤٥) فَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ (٤٦) قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ (٤٧)
رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ (٤٨) قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ إِنَّهُۥ
لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ فَلَسَوْفَ تَعْلَمُونَ لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ
وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ (٤٩) قَالُوا۟ لَا ضَيْرَ إِنَّآ
إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ (٥٠) إِنَّا نَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لَنَا رَبُّنَا خَطَٰيَٰنَآ أَن كُنَّآ
أَوَّلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ (٥١) ۞ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِىٓ إِنَّكُم
مُّتَّبَعُونَ (٥٢) فَأَرْسَلَ فِرْعَوْنُ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ (٥٣) إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ
لَشِرْذِمَةٌ قَلِيلُونَ (٥٤) وَإِنَّهُمْ لَنَا لَغَآئِظُونَ (٥٥) وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَٰذِرُونَ
(٥٦) فَأَخْرَجْنَٰهُم مِّن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ (٥٧) وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ (٥٨)
كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَٰهَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ (٥٩) فَأَتْبَعُوهُم مُّشْرِقِينَ (٦٠)

ﷻ له کێوی (تور) حوکمو دانایی پێبەخشیمو لەڕیزی ڕەوانەکراوانی خۆیدا دانام.

(٢٢) جا ئایا ئەوە نیعمەتێکی وایە کە تۆ منەتی بخەیتە سەرم لە کاتێکدا کە تۆ نەوەی ئیسرائیلت کرد بو بە بەندەی خۆتو لە ترسی تۆ من کەوتومەتە لای تۆ، جا ئەو چاکەیە لە بەرامبەر ئەو هەمو تاوانانەوە کە تۆ لەگەل نەوەی ئیسرائیلدا کردووتە چ نرخێکی هەیە؟!

(٢٣) ئینجا فیرعەون کەوتە پرسیار کردن لە موساو وتی:کێ پەروەردگاری جیهانیانە؟ چونکە ئەو گەلەکەی خۆی وا حاڵی کرد بوو کە جگە لەو خودایەکی تر نەناسنو تەنها بەندایەتی ئەوبکەن، جا هەر بە یەکەم قسەی موسا ئەو بە درۆ کەوتەوە، خۆ بەم پرسیارە مەبەستی ئەوەبو کە موسا بترسێو بڵێ تۆیت، بەڵام موسا هەڵگری پەیامی ﷻ یەو لە وتنی ڕاستی لە کەس ناترسێت.

(٢٤) وتی پەروەردگاری جیهانیان ئەو زاتەیە کە ئاسمانانو زەویو ئەوەی کە لە نێوانیاندایە دروستی کردوە، ئەگەر ئێوە دڵێکی سەڵمێنەرو دیدێکی تیژتان هەبێت.

(٢٥) جا فیرعەون بەوانەی کە لە چواردەوری بوون وتی: ئایا گوێ ناگرن بزانن چی دەڵێت!

(٢٦) جا موسا ﷺدرێژەی بە قسەکانی خۆی داو وتی: پەروەردگاری ئێوەو پەروەردگاری باو باپیرانتانە.

(٢٧) فیرعەون وتی: ئەو پێغەمبەرەی کە نێرراوە بۆلاتان بێگومان شێتەونازانێ چی دەڵێ.

(٢٨) موسا ﷺوتی: پەروەردگاری جیهانیان بەدیهێنەری ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو ئەوەی کە لە نێوانیاندایە ئەگەر ئێوە ژیریتان کار بکاتو نەزانانە بیرنەکەنەوە، خۆ ئەگەر فیرعەون ڕاست دەکاتو پەروەردگارە بائەوانە پێچەوانە بکاتەوە، جا فیرعەون کاتێ کەلە قسەدا شکستی خوارد، هەروەك نەریتی هەمو ستەمکارانی ملهوڕ کەوتە بەکارهێنانی زۆر تا بە باوەڕی خۆی بەو شێوە کاری موسا بە سوودی خۆی یەکسەرە بکاتەوە

(٢٩) فیرعەون وتی: ئەگەر جگە لە من خودایەکی تر بپەرستیت دڵنیا بە کە لەناو بەند کراوەکاندا خۆت دەبینیتەوە،واتە زیندانت دەکەم.

(٣٠) موسا ﷺوتی: ئایا هەر زیندانیم دەکەیت ئەگەر لەسەر پێغەمبەرایەتیم بەلگەی ڕۆشنت بۆ بهێنم؟

(٣١) فیرعەون وتی: ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆیانیت دەی بیهێنە؟.

(٣٢) جا موسا ﷺعەساکەی فڕەدا گورج بوو بە مارێکی ڕاستەقینە.

(٣٣) خۆ دەستیشی لە باخەڵی دەرهێنا کەچی ئەویش بۆ تەماشا چیان زۆر سپی بوو نزیك بوو ئاوی چاویان ببات، بەڵام خوا نەناسی ستەمکار زۆر دوورە وابە زوویی خۆی بە دەستی حەقو ڕاستیەوە بدات، ئەوەتە فیرعەون لەجیاتی باوەڕهێنان دەستی دایە پیلانێکی تر بۆ گومان پەیداکردن لە پێغەمبەرایەتی موسادا.

(٣٤) بە پیاو ماقوڵانی دەوروبەری خۆی وت: بەڕاستی ئەمە ساحیرێکی زۆرزانە.

(٣٥) پاشان خۆی بە خەم خۆری ئەوان دادەنێتو دەڵێت: موسا دەیەوێت کە لەم زەوییەی خۆتاندا بەو سیحرەی دەرتان بکات، جا ئێوە لەمبارەوە بڕیارتان چییە؟ بەڵێ تاغوتو ستەمکاران تا خۆیان ئیشیان بۆ بچێتە سەر پرس بە کەس ناکەن بەڵام کاتێك کەوتنە لێژیەوە، ئینجا پەنا بۆ دەوروبەریان دەبەنو پرسو ڕایان پێ دەکەن کە گوایە ئێمە بڕیاری سەربەخۆ نادەینو بە پرسو ڕا ئیش دەکەین، تا کەمێك پێش ئێستا فیرعەون هەر خۆی خودا بوو کەسی تر مافی ڕا دەربڕینو ڕەخنە گرتنی نەبوو وا ئێستا بەدەست موساوە داماوەو ناچار دەیەوێت بە جوڵاندنی ویژدان دەوروبەرەکەی بەگژ موسادا بکات.

(٣٦) ئەوانیش وتیان: خۆیو براکەی لێرە گیر بدەو بۆ کۆکردنەوەی جادووگەران نوێنەر بنێرە بۆ هەمو شارەکان.

(٣٧) کە ئەوان هەرچی جادووگەری زۆر زانایە بۆت دەهێنن تا ئەوان بە گژیدا بچنو تۆ بە سەرکەوتویی بمێنیتەوە، جا فیرعەونیش بە قسەی کردنو خەلکی نارد،

(٣٨) ئەوسا هەمو ساحیران کۆکرانەوە لەکاتی ڕۆژی دیاریکراودا.

(٣٩) جا بە خەلکیش وترا: ئایا ئێوەش کۆدەبنەوە.

(٤٠) بەلکو دوای جادووگەرەکان بکەوین ئەگەر ئەوان سەرکەوتن. بەڵێ خەلکی هاتنو لە جێگاو ڕۆژی دیاریکراودا لەگەل هەمو جادوکەرانی زۆرلێزان دا کۆبونەوە.

(٤١) خۆ کاتێك جادوگەرەکان هاتن، بە فیرعەونیان وت: ئایا پاداشتێکمان هەیە ئەگەر ئێمە سەرکەوتین؟

(٤٢) وتی: بەڵێ پاداشتان هەیەو بێگومانیش ئەو کاتە ئێوە لەناو نزیکانی دەرباردا دەبن، واتە: خەلاتتان دەکەمو لە خۆمتان نزیك دەکەمەوە،

(٤٣) جا موساش(عليه السلام) هاتو چاوی بە جادووگەران کەوت و پێی وتن: فڕەێی بدەن،ئەوەی کە فڕەی دەدەن واتە: چیتان لەدەست دێت بیکەن بێ منەت بن.

(٤٤) جا ئەوانیش پەتو داردەستەکانیان فڕە داو وتیان سوێند بە گەورەیی فیرعەون: هەر ئێمە سەردەکەوین. جا ئەو جێگایە هەموی لەبەر چاوی خەلك پڕ بوو لە ماری جۆراو جۆرو هەمویشیان دەجولان، تەنانەت موسا ترسی ئەوەی بۆ پەیدا بوو کە ئەگەر لەلایەن خوداوە وەلام نەدرێتەوە چی بکات، بەلام پەروەردگار هات بە هانایەوەو فەرموی: موسا داردەستە کەت فڕێ بدە.

(٤٥) جا موسایش(عليه السلام) دار دەستەکەی فڕێ دا، ئەوسا ئەویش ئەوەی کە ئەو جادووگەرانە کرد بوویان هەموی هەڵ لوشیو گۆڕەپانەکەی خاوێنکردەوە لەو شتە پڕوپوچان جا جادووگەران زانیان بەڕاستی ئەوەی موسا جادوو نیە، چونکە ئەوان چاك سیحرو جادوویان دەناسیو باش شارەزای سیحر بون،

(٤٦) بۆیە هەمویان سەری گەورەیو ڕێزیان بۆ موسا نزم کرد.

(٤٧) وتیان: وا ئێمە بە پەروەردگاری جیهانیان باوەڕمان هێنا.

(٤٨) کە پەروەردگاری موساو هارونە، ئینجا تەختی خوایەتی فیرعەون کەوتە مەترسیەوە بۆیە کەوتە هەڕەشەو گوڕەشەکردن.

(٤٩) فیرعەون وتی: پێش ئەوەی کە من ماوەتان پێ بدەم باوەڕتان پێ کرد؟ بێگومان ئەوە ئەو گەورەیەتانە کە ئێوەی فێری جادو کردبوو، بۆیە وا ئەمڕۆ لە قسەی دەرنەچوون جا بەم زوانە دەزانن چیتان بەسەردێت. دەستو قاچتان بە پێچەوانەی یەکتر دەبڕمو هەموتان بە داردا هەڵدەوەسم، بەلام ئەو جادووگەرانەی کەچەند کاتژمێر پێش ئێستا گەورەترین پاداشتیان نزیك بوونەوە بوو لە فیرعەون وا ئێستا ڕوناکی ئیمان چووە ناو دڵیانەوە، جا نەك نزیکی لە فیرعەون بەلکو کوشتنو دورکەوتنەوەیان لە فیرعەون بە چاکترین خەلات دەزانن.

(٥٠) وتیان: بێ منەت بە، هەرچی دەکەیت بیکە ئێمە بۆ لای پەروەردگاری خۆمان دەگەڕێنەوە.

فَلَمَّا تَرَٰٓءَا ٱلْجَمْعَانِ قَالَ أَصْحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدْرَكُونَ ﴿٦١﴾ قَالَ
كَلَّآ ۖ إِنَّ مَعِىَ رَبِّى سَيَهْدِينِ ﴿٦٢﴾ فَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱضْرِب
بِّعَصَاكَ ٱلْبَحْرَ ۖ فَٱنفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَٱلطَّوْدِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٦٣﴾
وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ ٱلْءَاخَرِينَ ﴿٦٤﴾ وَأَنجَيْنَا مُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ﴿٦٥﴾
ثُمَّ أَغْرَقْنَا ٱلْءَاخَرِينَ ﴿٦٦﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم
مُّؤْمِنِينَ ﴿٦٧﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٦٨﴾ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ
نَبَأَ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالُوا۟
نَعْبُدُ أَصْنَامًا فَنَظَلُّ لَهَا عَٰكِفِينَ ﴿٧١﴾ قَالَ هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ إِذْ
تَدْعُونَ ﴿٧٢﴾ أَوْ يَنفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ ﴿٧٣﴾ قَالُوا۟ بَلْ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا
كَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ ﴿٧٤﴾ قَالَ أَفَرَءَيْتُم مَّا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ﴿٧٥﴾ أَنتُمْ
وَءَابَآؤُكُمُ ٱلْأَقْدَمُونَ ﴿٧٦﴾ فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّىٓ إِلَّا رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ
﴿٧٧﴾ ٱلَّذِى خَلَقَنِى فَهُوَ يَهْدِينِ ﴿٧٨﴾ وَٱلَّذِى هُوَ يُطْعِمُنِى وَيَسْقِينِ
﴿٧٩﴾ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴿٨٠﴾ وَٱلَّذِى يُمِيتُنِى ثُمَّ
يُحْيِينِ ﴿٨١﴾ وَٱلَّذِىٓ أَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لِى خَطِيٓـَٔتِى يَوْمَ ٱلدِّينِ
﴿٨٢﴾ رَبِّ هَبْ لِى حُكْمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٣﴾

(٥١) بێگومان ئێمه هیوامان وایه که پەروەردگارمان لەو تاوانانەی که کردومانەو لەو جادوانەی که تۆ زۆرت لێ کردوین چاوپۆشی بکاتو لێمان ببورێت، چونکه ئێمه یەکەم باوەڕدارین له ناو گەلی خۆماندا. جا تەماشا بکەن باوەڕی ڕاستو دروست چەنده مرۆڤ ئازاو چاو نەترس دەکات پێشەکی چونکه خوانەناس بوون چۆن له فیرعەون دەترسانو له فرمانی دەر نەدەچوون بەڵام وا ئێستا کەباوەڕیان هێنا به الله و دانیان ناوە، بەڕاستی پێغەمبەرایەتی موسادا عليه السلام، هیچ باکیان له فیرعەون نیەو بێ ترسانه ڕوبەڕوی وەستاونو بێ منەتیشی دەکەن له هەرچی که دژیان بیکات، ئینجا پاش ئەوەی که موسا چەندین ساڵ له میسردا پەیامی بەو خەڵکه گەیاند بەڵام ئەوان هەر زیاتر دژایەتیان دەکرد، جا پەروەردگار فەرموی:

(٥٢) به موسامان ڕاگەیاند که شەو بەنده باوەڕدارەکانم ببه بەرەو ئەو جێگایەی که بۆت دیاری کراوە، بێگومان فیرعەونو سوپاکەی به شوێن ئێوەدا دێن.

(٥٣) جا موسا عليه السلام و گەلەکەی به فەرمانی الله ڕۆیشتن هەتا گەیشتنه سەر دەریای نیل، ئەوسا فیرعەونیش کەسانێکی نارد بۆ شارەکان بۆ کۆکردنەوەی هێزی چەکدار، بۆ لەناو بردنی موساو پەیڕەوانی، جابه خەڵکیش بڵێن:

(٥٤) بێگومان ئەوانه تاقمێکی کەمن. بەم قسەیه دەیەوێ نەترسن بەلکوسوپایەکی زۆری بۆکۆبێتەوە ، بۆیه دەڵێ:

(٥٥) بێگومان ڕقی ئێمەیان هەڵساندوەوتوڕەیانکردووین.

(٥٦) بێگومان ئێمه هەمومان وریاو ئامادە باشینو نابێت لەوە زیاتر ماوەیان پێ بدرێتو دەبێت له ریشەیان بهێنین، بەڵام پەروەردگاری جیهانیان به پێچەوانەی مەبەستی ئەوانی کردو ئەوەنده جووڵان تا سەری خۆیانیان تێدابرد، هەروەك دەفەرموێ:

(٥٧) جا ئێمه ئەوانمان لەناو باخچەو چاوگەکاندا دەرکرد.

(٥٨) خۆ خەزێنەکانو جێگا چاکەکانیشمان پێ بەجێ هێشتن.

(٥٩) هەرئاوەها لەوانمان سەندەوە دامان به نەوەی ئیسرائیل،

(٦٠) جا فیرعەونو پەیڕەوانی هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژدا دوای موساو پەیڕەوانی کەوتنو ڕۆیشتن تا گەیشتن پێیان.

(٦١) جا کاتێك هەردوو تاقم چاویان بەیەك کەوت پەیڕەوانی موسا وتیان: بەڕاستی پێمان گەیشتنو خراپمان لێ قەوما.

(٦٢) موسا عليه السلام وتی: وانیەو گومانی خراپ مەبەن بەڕاستی من پەروەردگارم لەگەڵدایەو بەم زووانه ڕێنمایم دەکات که چی بکەم.

(٦٣) جا به موسامان ڕاگەیاند که عەساکەی لەو دەریایه بدات، موسایش عەساکەی لێداو دەریا لەتبوو بوبه دوانزه بەشەوە هەر بەشێکی وەکو چیایەکی گەورە وابوو، پەروەردگار زۆر به زوویی قوڕی سەر ڕێی ئەوانی وا بتەو

کردەوە کە موساو پەیڕەوانی بەئاسانی بە سەریدا تێبپەڕن.

(٦٤) جا لەوێدا ئەوانی ترمان نزیك كردەوە.

(٦٥) ئەوسا موسا(عليه السلام)و ئەوانەی لەگەلیدا بون هەموویانمان ڕزگار كردو لەو دەریایە پەڕینەوە.

(٦٦) لە پاشان ئەوانی ترمان خنكاند، واتە: فیرعەونو پەیڕەوانی هەموویان لەو دەریایەدا بن ئاو بوون، پاشان الله بۆ پەند وەرگرتن فیرعەونی خستە سەر دەریاو لاشەكەی وەكو خۆی هێشتەوەو تا ئێستایش هەر ماوە. بەڕاستی جیابوونەوەی ئەو ئاوەو وەستانی وەك چیا گەورەكانو وشك كردنەوەی نێوانیانو ڕزگاربوونی موساو پەیڕەوانیو خنكانی فیرعەونو پەیڕەوانی بۆ پەند وەرگرتن ڕووداوێكی زۆر گەورەو گرنگە بۆیە الله دەفەرموێ:

(٦٧) بێگومان لەم ڕووداوەدا بەلگەیەكی گەورە هەیە بۆ باوەڕ هێنان بەڵام زۆربەیان باوەڕ ناهێنن.

(٦٨) خۆ بەڕاستی پەروەردگارت زۆر بە توانایە بۆ تۆڵە سەندن لە خوانەناسانو زۆر بەسۆزە بەرامبەر باوەڕداران. هەروەكو بینیمان فیرعەونو پەیڕەوانی خوانەناسی چۆن خنكاندو موساو پەیڕەوانی چۆن ڕزگار كرد. جا دێتە سەر باسیو ئیبراهیم(عليه السلام) دەفەرموێ:

(٦٩) دەی هەواڵی ئیبراهیمشیان بۆ بخوێنەرەوە.

(٧٠) ئەو كاتەی كە بە باوكیو بە گەلەكەی وت: ئەمە چیە كە ئێوە دەیپەرستن؟

(٧١) وتیان: ئەمە بت گەلێكن كە دەیانپەرستینو بە قسەی كەسیش وازیان لێ ناهێنینو هەروەها دەمێنینەوە لەسەر بەندایەتی بۆكردنیان. جا ئیبراهیم دەیەوێت بە بەلگە بۆیان بسەلمێنێت كە ئەو بتانە هیچ نینو ئەوان لەسەر هەڵەن.

(٧٢) ئیبراهیم (عليه السلام) وتی: ئایا هەر كاتێك بانگیان بكەنوهانایان بۆ ببەن ئەوان ئەو بانگەی ئێوە دەبیسنودێن بەدەمتانەوە؟

(٧٣) نەخێر پێم بڵێن، ئەگەر بەندایەتیان بۆ بكەن هیچ سوودێكتان پێ دەگەیەنن؟ یان ئەگەر دژایەتیان بكەن هیچ زیانێكتان لێ دەدەن؟ ئاشكرایە بۆ ئەم سێ پرسیارە هیچ وەڵامێكی ژیرانەیان نەبوە بۆیە،

(٧٤) وتیان: نەخێر، تەنها ئەوەیە كە باو باپیرانمان كاتی خۆی هەر ئاوەهایان دەكرد، جا ئیبراهیم بەهانەی بۆ خۆش بوو،

(٧٥) وتی: پێم بڵێن ئەوە چیە كە دەیپەرستن؟

(٧٦) خۆتانو باو باپیرانی پێشووتان؟

(٧٧) ئەوسا هەمو ئەوانەی كەدەیانپەرستن دوژمنی منن جگە لە پەروەردگاری جیهانیان.

(٧٨) ئەو زاتەی كە منی دروستكردوە، خۆ هەر خۆیشێتی ڕێنمایم دەكات.

(٧٩) جا ئەو زاتەی كە هەرخۆی خواردنو خواردنەوەم پێ دەدات.

(٨٠) خۆ هەر كاتێكیش نەخۆش بكەوم هەرخۆیەتی چاكم دەكاتەوە.واتە شیفا هەر لای خودایە نەكەسی تر.

(٨١) جا ئەو هەرخۆیشیە دەم مرێنێو زیندویشم دەكاتەوە، واتە: مەرگو ژیانم هەر بەدەست ئەوە.

(٨٢) وە هەر ئەوە كە هیوام پێی هەیە لە پاشە ڕۆژدا چاوپۆشی لە تاوانەكانم بكات. ئینجا ئیبراهیم دەست بە نزاو پاڕانەوە دەكاتو دەڵێ:

(٨٣) ئەی پەروەردگارم دانابیم پێ ببەخشەو بمخەرە ریزی پیاو چاكانەوە.

وَٱجْعَل لِّي لِسَانَ صِدْقٍ فِي ٱلْآخِرِينَ ﴿٨٤﴾ وَٱجْعَلْنِي مِن وَرَثَةِ جَنَّةِ
ٱلنَّعِيمِ ﴿٨٥﴾ وَٱغْفِرْ لِأَبِيٓ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٨٦﴾ وَلَا تُخْزِنِي يَوْمَ
يُبْعَثُونَ ﴿٨٧﴾ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ
سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾ وَأُزْلِفَتِ ٱلْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٩٠﴾ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ لِلْغَاوِينَ
﴿٩١﴾ وَقِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ﴿٩٢﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ هَلْ يَنصُرُونَكُمْ
أَوْ يَنتَصِرُونَ ﴿٩٣﴾ فَكُبْكِبُوا۟ فِيهَا هُمْ وَٱلْغَاوُۥنَ ﴿٩٤﴾ وَجُنُودُ إِبْلِيسَ
أَجْمَعُونَ ﴿٩٥﴾ قَالُوا۟ وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ ﴿٩٦﴾ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي
ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾ وَمَآ أَضَلَّنَآ
إِلَّا ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٩٩﴾ فَمَا لَنَا مِن شَٰفِعِينَ ﴿١٠٠﴾ وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ ﴿١٠١﴾
فَلَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٢﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً وَمَا كَانَ
أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٤﴾ كَذَّبَتْ
قَوْمُ نُوحٍ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٠٥﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ نُوحٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٠٦﴾
إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٠٧﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٠٨﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ
عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٩﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ
وَأَطِيعُونِ ﴿١١٠﴾ ۞ قَالُوٓا۟ أَنُؤْمِنُ لَكَ وَٱتَّبَعَكَ ٱلْأَرْذَلُونَ ﴿١١١﴾

﴿٨٤﴾ جا وام بۆ بکەیت کە لەناو خەڵکانی دوایشدا ناوم بە چاك ببرێت.

﴿٨٥﴾ خۆ بمکە بە بەش بەری باخچەی پڕ لە خۆشی بەهەشتیش، واتە: لە دنیادا ناوی خۆشم هەبێتو لە دوارۆژیشدا بمخەرە بەهەشتەوە.

﴿٨٦﴾ جا لە باوکم خۆش ببە بەڕاستی ئەو لە لاڕێیانە. ئەم پاڕانەوانەی ئیبراهیمە عليه السلام بۆ باوکی لەسەر بەڵێنێك بوو کە پێی دابو بەڵام کاتێك کە زانی کە باوەڕ ناهێنێت ئیتر دوعای بۆ نەکرد کە ئەمە لە سورەتی تەوبەدا ڕۆشن کراوەتەوە.

﴿٨٧﴾ وە لەو ڕۆژەی کە خەڵك زیندو دەکرێنەوە شەرمەندەم مەکە. پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: {يَلقَى إبرَاهِيمُ أَبَاهُ، فَيَقُولُ يَارَبِّ، إِنَّكَ وَعَدتَنِي أَن لا تُخزِنِي يَومَ يُبعَثُونَ، فَيَقول الله، إِنِّي حَرَّمتُ الجَنَّةَ عَلَى الكَافِرِين/مشكاة. صححه الالباني/ ئیبراهیم سەلامی خوا ی لەسەر بێت) لە ڕۆژی دواییدا دەگات بە باوکیو دەزانێت کە دۆزەخیە بۆیە دەفەرموێ: ئەی پەروەردگارم، بەڕاستی تۆ بەڵێنت پێ داوم کە لە ڕۆژی قیامەتدا شەرمەندەم نەکەیت، جا چ شەرمەندەیەك لەوە گەورەترە کە من باوکی خۆم لەناو ئاگردا ببینم؟ واتە داوای ڕزگاربونی باوکی دەکات، بەڵام الله دەفەرموێ: بەڕاستی من بەهەشتم لە کافران قەدەغە کردوە، واتە: باوکیشت کافرەو نای بەخشم }

﴿٨٨﴾ ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە کە نە ماڵو نە منالّ سوودیان نیەو بەکار نایەن، بەڵکو لەسەر ماڵ دوو پرسیارت لێ دەکرێت چۆنت دەرهێناو چۆنت خەرج کردو پرسیاری کوڕانیش لە باوكو باوکیش لە کوڕان دەکات، هەمو کەسێك لەورۆژەدا تەنها خۆی مەبەستەو تەنها بیرو باوەڕی ڕاستە کە لەو ڕۆژەدا سوودی دەبێت وەك دەفەرموێ:

﴿٨٩﴾ جگە لەو کەسەی کە بە دڵێکی سافەوە دەگات بە الله، دڵێکی ساف کە خاڵی بێت لە تاوانو شیركو بیدعەو بە ئارام بێت لەسەر سوننەتی پێغەمبەر ﷺ.

﴿٩٠﴾ جا ئەو ڕۆژە بەهەشت لە پارێزکارانەوە نزیك دەکرێتەوە. ﴿٩١﴾ ئەوسا دۆزەخیش بۆ گومڕایان ئاشکرا دەکرێتو دەیبینن.

﴿٩٢﴾ وە لەو ڕۆژەدا پێیان دەوترێت لە کوێن ئەوانەی دەتان پەرست؟

﴿٩٣﴾ ئەوانەی جگە لە الله، ئایا یارمەتیتان دەدەن؟ یان ئەوان دەتوانن یارمەتی خۆیشیان بدەن؟ واتە: نە دێن بە هاوارتانەوەو نە پارێزگاری خۆیشیان پێ دەکرێت. ﴿ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ / پەرستندەو پەرستراو هەردووکیان لەو ڕۆژەدا لاوازن﴾

﴿٩٤﴾ جا ئەو پەرەستراوانەو ئەو گومڕایانەی کە ئەوانیان دەپەرست تووڕ دەدرێنە ناویەوە.

﴿٩٥﴾ خۆ سەرجەمی سەربازانی شەیتانیش دەخرێنە ناویەوە.

﴿٩٦﴾ جا لەحاڵێکدا کە ئەوان لەناویدا لەدژی یەکتر دەدونو دەڵێن:

(٩٧) بە اللّٰه قەسەم ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بووین

(٩٨) ئەو کاتەی کە ئێوەمان لەگەڵ پەروەردگاری جیهانیاندا بە یەکسان دادەناو فرمانی ئێوەمان وەکو فرمانی اللّٰه جێ بەجێ دەکرد.

(٩٩) خۆ هەر تاوانباران بوون کە ئێمەیان هەڵدێراو گومڕایان کردین.

(١٠٠)جا وا ئێستا نە تکاکارانێکمان هەیە تکایەکمان بۆبکەن.

(١٠١) وە نە دۆستێکی دڵسۆزمان هەیە کە بێن بە هانامانەوەو لەم ئاگرەی دۆزەخ ڕزگارمان بکەن، ئاوایە سەرئەنجامی ملهوڕانو شوێنکەوتوانیان کە لەناو ئەو سزایە بەگژ یەکدا دەچن هەریەکەی ئەویتر تاوانبار دەکاتو لەوێدا پەشیمان دەبنەوەو دەڵێن :

(١٠٢) خۆ ئەگەر جارێکیتر بگەڕاینەوە بۆ دنیا ئەوسا ئیتر لە باوەڕداران دەبین، بەڵام اللّٰه دەزانێت کە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دنیا دیسان دەگەڕێنەوە سەر بەزمی پێشوویان.

(١٠٣) بێگومان لەم ڕووداوەدا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ باوەڕ هێنان بەڵام زۆربەیان باوەڕ ناهێنن.

(١٠٤) وە بێگومان پەروەردگارت زۆر بە توانایە بۆ تۆڵە سەندن لە کافرانو زۆر بە سۆزە بەرامبەر باوەڕداران. ئینجا دەچێتە سەر باسی گەلی نوح عليه السلامو دەفەرموێ:

(١٠٥) گەلی نوح باوەڕیان نەکرد بە پێغەمبەران. گەلی نوح یەك پێغەمبەریان بووە کە نوحەو نۆ سەدو پەنجا ساڵ لەناویاندا بووەو جگە لە چەند کەسێکی زۆر کەم باوەڕیان پێ نەکرد، جا چونکە باوەڕ نەکردن بە پێغەمبەرێك بە مانای باوەڕ نەکردن بە هەمو پێغەمبەرانە، بۆیە لەم داستانانەدا بێباوەڕی هەمو گەلێك بە پێغەمبەرەکەی بە بێباوەڕبون بە هەمو پێغەمبەران دادەنێ.

(١٠٦) جا بیریان بخەرەوە ئەو کاتەی کە (نوح)ی برایانعليه السلام پێی وتن: ئەوە بۆ لە اللّٰه ناترسن؟

قَالَ وَمَا عِلْمِي بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ (١١٢) إِنْ حِسَابُهُمْ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّي
لَوْ تَشْعُرُونَ (١١٣) وَمَآ أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلْمُؤْمِنِينَ (١١٤) إِنْ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ
(١١٥) قَالُوا۟ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَٰنُوحُ لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمَرْجُومِينَ (١١٦) قَالَ
رَبِّ إِنَّ قَوْمِي كَذَّبُونِ (١١٧) فَٱفْتَحْ بَيْنِي وَبَيْنَهُمْ فَتْحًا وَنَجِّنِي وَمَن
مَّعِيَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ (١١٨) فَأَنجَيْنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ فِي ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ
(١١٩) ثُمَّ أَغْرَقْنَا بَعْدُ ٱلْبَاقِينَ (١٢٠) إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً وَمَا كَانَ
أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ (١٢١) وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ (١٢٢) كَذَّبَتْ
عَادٌ ٱلْمُرْسَلِينَ (١٢٣) إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ (١٢٤) إِنِّي لَكُمْ
رَسُولٌ أَمِينٌ (١٢٥) فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ (١٢٦) وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ
مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ (١٢٧) أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ
ءَايَةً تَعْبَثُونَ (١٢٨) وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ (١٢٩)
وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ (١٣٠) فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ (١٣١)
وَٱتَّقُوا۟ ٱلَّذِيٓ أَمَدَّكُم بِمَا تَعْلَمُونَ (١٣٢) أَمَدَّكُم بِأَنْعَٰمٍ وَبَنِينَ (١٣٣)
وَجَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ (١٣٤) إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ
(١٣٥) قَالُوا۟ سَوَآءٌ عَلَيْنَآ أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُن مِّنَ ٱلْوَٰعِظِينَ (١٣٦)

(١٠٧) بێگومان من بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی دەستو دەم پاكو ئەمینم.

(١٠٨)دەی لە اللّٰه بترسنو پەیڕەوی من بکەن.

(١٠٩) خۆ من داوای هیچ پاداشتێك لە ئێوە ناکەم لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامە، بەڵکو پاداشتی من هەر لەلای پەروەردگاری جیهانیانە.

(١١٠)دەی لە اللّٰه بترسنو پەیڕەوی من بکەن.

(١١١) وتیان: ئایا باوەڕت پێ بکەین لە کاتێکدا تۆ هەر مرۆڤانی سادەو ساویلکەت لەگەڵدانو تۆ دەتەوێت ئێمەش بکەیت بە هاوشانی ئەوان؟

(١١٢) نوح عليه السلام وتی: من نازانم ئەوان چیان دەکردو لە ناو دڵیاندا نیمو من ڕواڵەتم لەسەرە مادام ئەوان بە ڕواڵەت باوەڕیان بە من هێناوە بەسە.

(١١٣) ئەگەرهەستتان هەبێ حیسابیان تەنها لەلای پەروەردگارمە نەك لەلای من.

(١١٤) وە من باوەڕداران ناتۆرێنمو دەریان ناکەم.

إِنْ هَٰذَآ إِلَّا خُلُقُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٣٧﴾ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿١٣٨﴾ فَكَذَّبُوهُ
فَأَهْلَكْنَٰهُمْ ۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ وَإِنَّ
رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٤٠﴾ كَذَّبَتْ ثَمُودُ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٤١﴾ إِذْ قَالَ
لَهُمْ أَخُوهُمْ صَٰلِحٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٤٢﴾ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٤٣﴾
فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٤٤﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِيَ
إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٤٥﴾ أَتُتْرَكُونَ فِي مَا هَٰهُنَآ ءَامِنِينَ ﴿١٤٦﴾
فِي جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٤٧﴾ وَزُرُوعٍ وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ ﴿١٤٨﴾
وَتَنْحِتُونَ مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا فَٰرِهِينَ ﴿١٤٩﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ
﴿١٥٠﴾ وَلَا تُطِيعُوٓا۟ أَمْرَ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿١٥١﴾ ٱلَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي ٱلْأَرْضِ
وَلَا يُصْلِحُونَ ﴿١٥٢﴾ قَالُوٓا۟ إِنَّمَآ أَنتَ مِنَ ٱلْمُسَحَّرِينَ ﴿١٥٣﴾ مَآ أَنتَ
إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا فَأْتِ بِـَٔايَةٍ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٥٤﴾ قَالَ
هَٰذِهِۦ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿١٥٥﴾ وَلَا تَمَسُّوهَا
بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥٦﴾ فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُوا۟
نَٰدِمِينَ ﴿١٥٧﴾ فَأَخَذَهُمُ ٱلْعَذَابُ ۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةً ۖ وَمَا كَانَ
أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٥٨﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٥٩﴾

(١١٥) چونکە من جگە لە ترسێنەرێکی ڕوون شتێکی تر نیم.

(١١٦) وتیان: ئەگەر واز لەم بانگەوازەت نەهێنیت ئەی نوح دڵنیابە کە تۆ لە سەنگسار کراوان دەبیت، واتە، بەرد بارانت دەکەین تا دەتکوژین،

(١١٧) ئینجا نوح ﷺ بە تەواوی لە باوەڕهێنانی گەلەکەی نائومێد بوو، جا سکاڵای خۆی لەلای ﷲ کردو وتی: ئەی پەروەردگارم بێگومان گەلەکەم بەدرۆیان خستمەوەو هەڕەشەی کوشتنم لێ دەکەن.

(١١٨) سا تۆ لەنێوان منو ئەواندا بڕیاری خۆت بدەو منو ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە لەگەڵم دا ڕزگار بکە، ﷲ یش دوعایەکەی لێ وەرگرت.

(١١٩) ئەوسا ئێمە نوح ﷺو ئەوانەش کە لەگەڵیدا بوون لەناو ئەو کەشتیە پڕ لە گیانەوەرو مرۆڤانەدا، ڕزگارمان کردن.

(١٢٠) پاشان ئەوانی ترمان نوقمی دەریا کرد.

(١٢١) بێگومان لەم ڕووداوەدا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ باوەڕ هێنان بەڵام زۆربەیان باوەڕ ناهێنن.

(١٢٢) جا بێگومان پەروەردگارت زۆر بە توانایە بۆ تۆڵە سەندن لە کافرانو زۆر بەسۆزە بەرامبەر باوەڕداران. ئینجا دەچێتە سەر داستانی هۆزی عاد کە گەلی هود پێغەمبەر ﷺ بوونو دەفەرموێ:

(١٢٣) گەلی عادەمو پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستنەوە.

(١٢٤) ئەو کاتەی کە (هود)ی برایان ﷺ پێی وتن: ئەوە بۆلە ﷲ ناترسن؟

(١٢٥) بێگومان من بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی دەستو دەم پاكو ئەمینم.

(١٢٦) دەی لە ﷲ بترسنو پەیڕەوی من بکەن.

(١٢٧) خۆ من داوای هیچ پاداشتێك لە ئێوە ناکەم لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامە، بەڵکو پاداشتی من لەلای پەروەردگاری جیهانیانە

(١٢٨) ئایا ئێوە لە هەمو جێگای بەرز کۆشكو تەلاری دیارو گەورە دروست دەکەن بۆ گاڵتە کردن بەو کەسانەی کە بەلاتاندا گوزەر بکەن .

(١٢٩) وە ئێوە بەنداوی گەورەو گرنگ دروست دەکەن، هیوادارن بۆ هەمیشە لە زەویدا بمێننەوە؟ شتی وانیەو دەبێ بمرن.

(١٣٠) خۆ هەر کاتێکیش شەڕ بکەن دەست دەوەشێنن بە دەست وەشاندنێکی ملهوڕانە، کە هیچ سۆزو نەریتێکی چاك لە بەرچاو ناگرن.

(١٣١) دەی لە ﷲ بترسنو پەیڕەوی من بکەن.

(١٣٢) دەسا بترسن لەو کەسەی کە ئەو هەمو شتانەی پێداون کە خۆتان دەزانن.

(١٣٣) کەمەڕو ماڵاتو کوڕانی زۆری پێداون.

(١٣٤) وە باخچەگەلو کانی ئاوانی زۆریش.

(١٣٥) ئەگەر هەر ئاوەها بن بێگومان من دەترسم لێتان لە سزای ڕۆژێکی گەورە، جا کافران نەك گوێیان لە ئامۆژگاریەکانی نەگرت بەڵکو گاڵتەشیان پێ دەکرد.

(١٣٦) وتیان: تۆ ئامۆژگاری بکەیت یان لە ئامۆژگاری کەران نەبیتو بێدەنگ بیت لای ئێمە یەکسانەو گوێت بۆ ناگرین.

(١٣٧) ئەمەی کە تۆ باسی دەکەیت جگە لە درۆو دەلەسەی پێشوان هیچی تر نیە، یان ئەوەی کە ئێمە دەی کەین شتێك جگە لەوە نیە کە پێشوانی ئێمە کردویانەو ئێمەش بە شوێن ئەواندا دەڕۆین. وشەی﴿خُلُقُ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ کە بەمانای ئەخلاقو هەڵسوکەوتی پێشوانە بە ﴿خَلْقُ الْأَوَّلِينَ/ دروستکراوی پێشوان﴾ دەخوێنرێتەوەو هەردوویشیان سەحیحن.

(١٣٨) خۆ ئێمە هەرگیزسزا نادرێین.

(١٣٩) جا ئەوان (هود)یان عليه السلام بەدرۆ خستەوە، ئەوسا ئێمەش لەناومان بردن بێگومان لەم ڕووداوەدا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ باوەڕ هێنان بەڵام زۆربەیان باوەڕ ناهێنن.

(١٤٠) جا بێگومان پەروەردگارت زۆر بە توانایە بۆ تۆڵە سەندن لە کافرانو زۆر بەسۆزە بەرامبەر باوەڕداران. ئینجا دێتە سەر باسی گەلی (سەمود) کە هۆزی (ساڵح) پێغەمبەرە عليه السلام و دەفەرموێ:

(١٤١) گەلی (سەمود) پێغەمبەرانیان بەدرۆخستنەوە.

(١٤٢) ئەو کاتەی کە براکەیان ساڵح پێی وتن: ئەوە بۆ لە ﷲ ناترسن؟

(١٤٣) بێگومان من بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی دەستو دەم پاكو ئەمینم.

(١٤٤) دەی لە ﷲ بترسنو پەیڕەوی من بکەن.

(١٤٥) خۆ من لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامە داوای هیچ پاداشتێك لە ئێوە ناکەم، بەڵکو پاداشتی من لەلای پەروەردگاری جیهانیانە.

(١٤٦) ئایا وازتان لێ دەهێنرێت لێرەدا وا بە بێ ترسو خۆشی بژین لەگەل ئەو هەمو لاساریو تاوانانەدا کەدەیکەن؟

(١٤٧) لە ناو باخچەگەلو کانی ئاواندا،

(١٤٨) وە لەناو کێڵگەکانو دارخورماگەلێك کە هێشوەکانی وەك گۆزەی بچوكو نەرمو نۆڵن.

(١٤٩) وە لەناو چیاکاندا زۆر بە لێزانی ماڵانن گەورەوفرەوان دروست دەکەن تا ئیتر بومە لەرزە کار لەماڵەکانتان نەکاتونەڕوخێن. خۆ ئەوان لەبەر تەمەن درێژیان ماڵی قوڕو بەرد بەرگەی نەدەگرتن، جا دووبارە پێی وتنەوە:

(١٥٠) دەی ئیتر لە ﷲ بترسنو پەیڕەوی لە من بکەن،

(١٥١) پەیڕەوی فرمانی هەڵەکارانی زیادەڕەۆ مەکەن.

(١٥٢) ئەوانەی کە لە زەویدا خراپە بڵاو دەکەنەوەو ئیشی چاك ناکەن، واتە: سەرۆكو گەورەکانیان کە بانگیان دەکەن بۆ شیركو کوفرو دژایەتی ئایین، جا ئەوان لەجیاتی وریا بونەوەو ڕووکردنە خواناسیو پەیڕەوی کردنی پێغەمبەرەکەیان،

(١٥٣) وتیان: تۆ تەنها لەوانەیت کە زۆر جادویان لێ کراوەو هۆشو عەقڵیان لەدەست داوە، تۆ عەقڵو هۆشت نەماوە.

(١٥٤) تۆش هەر مرۆڤێکی وەك ئێمە، جا ئەگەر لە ڕاستگۆیانیت دەی بەڵگەیەکمان بۆ بهێنە لەسەر پێغەمبەرایەتی خۆت.

(١٥٥) ساڵح عليه السلام وتی: ئەمە حوشترێکە کە لەسەر داخوازی خۆتان وەکو موعجیزەیەك ﷲ بە منی داوە، جا ئەو ئاوەی کە هەتانە ڕۆژێکی بۆ ئەوەو ڕۆژێکی دیاریشی بۆ ئێوەیە، جا ئەو ڕۆژەیش بۆ ئەوە ئێوە لە شیری ئەو حوشترە دەخۆن.

(١٥٦) بە خراپە دەستی بۆ درێژ مەکەن، چونکە ﷲ بۆ تاقیکردنەوەی ئێوە دروستی کردوە، جا ئەگەر دەست درێژیتان کردە سەری سزای ڕۆژێکی گەورە دەتان گرێتەوە، بەڵام ئەو گەلە لاسارە ئەم قسەیشیان وەکو باقی قسەکانی تری گوێ پێ نەدا.

(١٥٧) ئەوسا خراپترین کەسیان بە بڕیاری هەمویان هەڵی کوتایە سەریو سەری بڕی ئینجا زانیان کە ئیشەکەیان خراپ بووە پەشیمان بونەوە، بەڵام پاش چی؟ پاش ئەوەی

كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٦٠﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ لُوطٌ أَلَا تَتَّقُونَ
﴿١٦١﴾ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٦٢﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٦٣﴾ وَمَآ
أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٤﴾
أَتَأْتُونَ ٱلذُّكْرَانَ مِنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٥﴾ وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم
مِّنْ أَزْوَٰجِكُم بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ ﴿١٦٦﴾ قَالُوا۟ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَٰلُوطُ
لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُخْرَجِينَ ﴿١٦٧﴾ قَالَ إِنِّي لِعَمَلِكُم مِّنَ ٱلْقَالِينَ ﴿١٦٨﴾
رَبِّ نَجِّنِي وَأَهْلِي مِمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٦٩﴾ فَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ﴿١٧٠﴾
إِلَّا عَجُوزًا فِي ٱلْغَٰبِرِينَ ﴿١٧١﴾ ثُمَّ دَمَّرْنَا ٱلْءَاخَرِينَ ﴿١٧٢﴾ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم
مَّطَرًا فَسَآءَ مَطَرُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿١٧٣﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم
مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٤﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٧٥﴾ كَذَّبَ أَصْحَٰبُ
لْـَٔيْكَةِ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٧٦﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾ إِنِّي لَكُمْ
رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٧٨﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٧٩﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ
مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٨٠﴾ ۞ أَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ وَلَا
تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُخْسِرِينَ ﴿١٨١﴾ وَزِنُوا۟ بِٱلْقِسْطَاسِ ٱلْمُسْتَقِيمِ ﴿١٨٢﴾
وَلَا تَبْخَسُوا۟ ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِي ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿١٨٣﴾

کە دڵنیابون تۆڵەیان لێ وەردەگیرێت، چونکە ساڵح عليه السلام پاش سەربڕینی وتی: پاش سێ ڕۆژی تر سزا دەدرێن جا دەڵێن، ڕۆژی یەکەم دەمو چاویان زەرد بوو، ڕۆژی دووەم سور بوو، ڕۆژی سێیەم ڕەش بوو.

﴿١٥٨﴾ جا سزا گرتنیەوە کە دەنگێك بوو هەموویان لە ترسا زەندەقیان چو ومردن بێگومان لەم ڕووداوەدا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ باوەڕهێنان بەڵام زۆربەیان باوەڕ ناهێنن.

﴿١٥٩﴾ خۆ بێگومان پەروەردگارت زۆر بە توانایە بۆ تۆڵە سەندن لە کافرانو زۆر بەسۆزە بەرامبەر باوەڕداران.

﴿١٦٠﴾ ئینجا دەچێتە سەر داستانی گەلی لوتو دەفەرموێ: گەلی لوت هەمو پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستنەوە

﴿١٦١﴾ ئەو کاتەی کە (لوت)ی برایان عليه السلام پێی وتن: ئەوە بۆ لە الله ناترسن؟ لوت کە برازای ئیبراهیمەو کلدانی یان کوردەو گەلەکەی عەرەب بوون، واتە: نە بە نەسەبو نە بە ئایین یەك نەبوون کەچی بە برایانی ناو دەبات؟ واتە: مرۆڤ لە بنەڕەتدا هەمووی بەرەی یەك باوكو دایكن، بەم بۆنەوە وشەی برا بەکارهێنان بۆ یەکتری دروستە، واتە: برایەتی یان نەسەبیە یان ئایینیە یان مرۆڤایەتیە، بەکارهێنانی وشەی برا بە هەر کام لەم مەبەستانە بێت باشەو کێشەیەکی ئایینی نیە.

﴿١٦٢﴾ بێگومان من بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی دەستو دەم پاكو ئەمینم.

﴿١٦٣﴾ دەی لە الله بترسنو پەیڕەوی من بکەن.

﴿١٦٤﴾ خۆ من داوای هیچ پاداشتێك لە ئێوە ناکەم لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامە، بەڵکو پاداشتی من لەلای پەروەردگاری جیهانیانە.

﴿١٦٥﴾ بۆچی ئێوە لەناو ئەم خەڵکەی جیهاندا پەلاماری نێرینە دەدەن بۆ ئیشی ناپەسەندی نێربازی؟

﴿١٦٦﴾ جا واز لە هاوسەرانێك دەهێنن کە پەروەردگار بۆ ئێوەی دروستکردون؟ بەڕاستی ئێوە گەلێکن هەمو سنورێکتان بەزاندووەو غیرەتو مەردایەتیتان لەدەست داوە، جا بەم قسانەی لوت عليه السلام لەجیاتی پەشیمان بوونەوەو بەخۆدا چوونەوە، بەرامبەری وەستان،

﴿١٦٧﴾ وتیان: ئەی لوت بێگومان ئەگەر واز لەو قسەوباسانە نەهێنیت تۆ لە دەرکراوان دەبیت واتە لە وڵاتی خۆمان دەرت دەکەین، جا لوتیش عليه السلام بێزاری خۆی لەو کردارە ناشیرینەی ئەوان دەربڕی،

﴿١٦٨﴾ وتی: بێشك من لەوانەم کە ڕقی لەو کردارانەی ئێوەیە.

﴿١٦٩﴾ ئەی پەروەردگارم منو خاوخێزانم ڕزگار بکە لە سزای ئەو کارەپیسەی کە ئەوان دەیکەن، پەروەردگاریش نزاکەی وەرگرتو فەرموێ:

﴿١٧٠﴾ ئەوسا ئێمەیش خۆیوهەمو خاوخێزانیو شوێنکەوتوانیمان ڕزگار کرد.

﴿١٧١﴾ جگە لە پیرەژنەکەی کە لەناو ئەوانەدا بۆچەشتنی سزا هێشتمانەوە.

﴿١٧٢﴾ لە پاشان ئەوانی ترمان لەناوبرد.

﴿١٧٣﴾ جا بارانی بەردمان بە سەردا باراندن ئای چەند خراپە بارانی ترسێنراوان.

١٧٤ بێگومان لەم ڕووداوەدا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ باوەڕ هێنان بەڵام زۆربەیان باوەڕ ناهێنن.

١٧٥ خۆ بێگومان پەروەردگارت زۆر بە توانایە بۆ تۆڵە سەندن لە کافرانو زۆر بەسۆزە بەرامبەر بە باوەڕداران.

١٧٦ پاشان باسی داستانی خاوەنانی دارستان کە گەلی شوعەیب پێغەمبەرە ﷺ دەکاتو دەفەرموێ: خاوەنی دارستانەکان هەمو پێغەمبەرانیان بەدرۆخستنەوە.

١٧٨ ئەو کاتەی کە (شوعەیب) پێی وتن: ئەوە بۆ لە الله ناترسن؟

١٧٧ بێگومان من بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی دەستو دەم پاكو ئەمینم.

١٨٠ دەی لە خوا بترسنو پەیڕەوی من بکەن.

١٧٩ خۆ من داوای هیچ پاداشتێك لە ئێوە ناکەم لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامە، بەڵکو پاداشتی من لەلای پەروەردگاری جیهانیانە.

١٨١ وا دیارە ئەو گەلە سەرەڕای خراپی تاوانیان لە کێشانەو پێوانەشدا زۆر خراپ بوون بۆیە بەو شێوەیە ناویان دەباتو دەفەرموێ: شوعەیب ﷺ پێی وتن: بە تێرو تەواوی پێوانە بکەنو لەوکەسانە مەبن کە زیان گەیەنەرن بە خەڵك، بۆ خۆیان بەمەنی گەورە وەردەگرنو بە مەنی بچوك بە خەڵك دەفرۆشن.

١٨٢ ئەوسا بە میزانێك شت بکێشن ج بۆ کڕینو ج بۆ فرۆشتن ڕاست بێتو گزی لە خەڵك مەکەن. کەلوپەلو سامانی خەڵك کەم مەکەنەوە بە گزیکردن لە ڕێگای پێوانەو کێشانەوە.پێغەمبەر ﷺدەفەرموێ:{مَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا /متفق عليه/ هەرکەسێك گزیمان لێ بکات لەئێمەنیە}

١٨٣ جا لە زەویشدا خراپە بڵاومەکەنەوە.

١٨٤ دەی بترسن لەو زاتەی کە ئێوەو خەڵکانی پێش ئێوەیشی دروستکردوە، بەڵام ئەو گەلە لە جیاتی وەرگرتنی فرمانەکانیو پەیڕەوی کردنی.

وَٱتَّقُواْ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلْجِبِلَّةَ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٨٤﴾ قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ
مِنَ ٱلْمُسَحَّرِينَ ﴿١٨٥﴾ وَمَآ أَنتَ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا وَإِن نَّظُنُّكَ لَمِنَ
ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿١٨٦﴾ فَأَسْقِطْ عَلَيْنَا كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ إِن كُنتَ
مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٨٧﴾ قَالَ رَبِّىٓ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٨٨﴾ فَكَذَّبُوهُ
فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ ٱلظُّلَّةِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٨٩﴾
إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٩٠﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ
ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٩١﴾ وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ
ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِىٍّ
مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾ وَإِنَّهُۥ لَفِى زُبُرِ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٩٦﴾ أَوَلَمْ يَكُن لَّهُمْ ءَايَةً أَن يَعْلَمَهُۥ
عُلَمَٰٓؤُاْ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٩٧﴾ وَلَوْ نَزَّلْنَٰهُ عَلَىٰ بَعْضِ ٱلْأَعْجَمِينَ ﴿١٩٨﴾
فَقَرَأَهُۥ عَلَيْهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ مُؤْمِنِينَ ﴿١٩٩﴾ كَذَٰلِكَ سَلَكْنَٰهُ
فِى قُلُوبِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٢٠٠﴾ لَا يُؤْمِنُونَ بِهِۦ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلْعَذَابَ
ٱلْأَلِيمَ ﴿٢٠١﴾ فَيَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٠٢﴾ فَيَقُولُواْ
هَلْ نَحْنُ مُنظَرُونَ ﴿٢٠٣﴾ أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ ﴿٢٠٤﴾ أَفَرَءَيْتَ
إِن مَّتَّعْنَٰهُمْ سِنِينَ ﴿٢٠٥﴾ ثُمَّ جَآءَهُم مَّا كَانُواْ يُوعَدُونَ ﴿٢٠٦﴾

١٨٥ وتیان: تۆ هەر لەوکەسانەی کە جادویان لێ کراوەو نازانی چی دەڵێیتو ئاگات لەخۆت نیە.

١٨٦ خۆ تۆیش هەر مرۆڤێکی وەکو ئێمەو هیچت لە ئێمە زیاد نیە.

١٨٧ جا بێگومان ئێمە وا گومانت پێ دەبەین کە تۆ لە درۆزنانیت.جا ئەگەر وا نیە دەی چەند پارچەیەکمان لە ئاسمانەوە بۆ بەردەوە ئەگەر تۆڵە ڕاستگۆیانیت،

١٨٨ وتی: پەروەردگارم لە هەمو کەس چاکتر دەزانێت بەوەی کە ئێوە دەیکەن، جا ئەگەر شایستەی سزا بن سزاتان دەداتو ستەمتان لێ ناکات، هەروایش بۆ اللهتۆڵەیەکی ڕێکی کردەوەکانیانی لێ سەندن.

١٨٩ جا ئەوان شوعەیبیان ﷺ بەدرۆ خستەوە ئەوسا سزای ڕۆژی سێبەر فۆستنیەوە. بێگومان ئەوە سزای ڕۆژێکی زۆر گەورە بوو. موفەسیرین لێرەدا دەڵێن: پاش ئەوەی کە ئەوان بەو ئامۆژگاریەی شوعەیب لەتاوانو گزی لەپێوانەو کێشانەدا وازیان نەهێنا دوچاری گەرماییەکی زۆر بوون بۆماوەی هەفتەیەك پاشان هەورێك هاتو

مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يُمَتَّعُونَ ﴿٢٠٧﴾ وَمَآ أَهۡلَكۡنَا مِن قَرۡيَةٍ إِلَّا
لَهَا مُنذِرُونَ ﴿٢٠٨﴾ ذِكۡرَىٰ وَمَا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٢٠٩﴾ وَمَا تَنَزَّلَتۡ بِهِ
ٱلشَّيَٰطِينُ ﴿٢١٠﴾ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُمۡ وَمَا يَسۡتَطِيعُونَ ﴿٢١١﴾ إِنَّهُمۡ
عَنِ ٱلسَّمۡعِ لَمَعۡزُولُونَ ﴿٢١٢﴾ فَلَا تَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ
مِنَ ٱلۡمُعَذَّبِينَ ﴿٢١٣﴾ وَأَنذِرۡ عَشِيرَتَكَ ٱلۡأَقۡرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ وَٱخۡفِضۡ
جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٢١٥﴾ فَإِنۡ عَصَوۡكَ فَقُلۡ إِنِّي
بَرِيٓءٞ مِّمَّا تَعۡمَلُونَ ﴿٢١٦﴾ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢١٧﴾ ٱلَّذِي
يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٢١٨﴾ وَتَقَلُّبَكَ فِي ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٢١٩﴾ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ
ٱلۡعَلِيمُ ﴿٢٢٠﴾ هَلۡ أُنَبِّئُكُمۡ عَلَىٰ مَن تَنَزَّلُ ٱلشَّيَٰطِينُ ﴿٢٢١﴾ تَنَزَّلُ عَلَىٰ
كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٖ ﴿٢٢٢﴾ يُلۡقُونَ ٱلسَّمۡعَ وَأَكۡثَرُهُمۡ كَٰذِبُونَ ﴿٢٢٣﴾
وَٱلشُّعَرَآءُ يَتَّبِعُهُمُ ٱلۡغَاوُۥنَ ﴿٢٢٤﴾ أَلَمۡ تَرَ أَنَّهُمۡ فِي كُلِّ وَادٖ
يَهِيمُونَ ﴿٢٢٥﴾ وَأَنَّهُمۡ يَقُولُونَ مَا لَا يَفۡعَلُونَ ﴿٢٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَذَكَرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا وَٱنتَصَرُواْ مِنۢ
بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْۗ وَسَيَعۡلَمُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَيَّ مُنقَلَبٖ يَنقَلِبُونَ ﴿٢٢٧﴾

سُورَةُ النَّمۡلِ ٣٧ ٩٣

سێبەری کردو هەموویان چونە ژێر سێبەرەکەوە جا زەوی هاتە جموجوڵو دەنگێکی گەورە گرتنیەوەو سێبەرەکەش بوو بە یەك پارچە ئاگرو هەموویانی سوتاند.

(١٩٠) بێگومان لەم ڕووداوەدا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ باوەڕ هێنان بەڵام زۆربەیان باوەڕ ناهێنن.

(١٩١) خۆ بێگومان پەروەردگارت زۆر بە توانایە بۆ تۆڵە سەندن لە کافرانو زۆر بەسۆزە بەرامبەر بە باوەڕداران.

(١٩٢) بەم شێوەیە ئەم حەوت داستانە کۆتای پێ هات ئینجا دێتە سەر باسی ئەم قورئانە گەورەو پڕ فەڕو خێرەو دەفەموێ: ئەوەی کە لە سەرەتای ئەم سورەتەوە باسی هات، ئەوە ڕەوانەکراوی پەروەردگاری جیهانیانە.

(١٩٣) کەبۆ گەیاندنی ئەم پەیامە جبرائیل هاتوە.

(١٩٤) تابیگەیەنێت بە دڵی تۆ تا تۆیش بۆ ئەم گەلەی خۆت لە ترسێنەران بیت بە سزای دنیاو تۆڵەی دۆزەخ بۆ ستەمکاران.

(١٩٥) بە زمانێکی عەرەبی پاراوو ڕوونکەرەوەو ئاسان، تا هیچ کەسێك بە هانەی نەمێنێت بۆ پاشەرۆژ.

(١٩٦) ئەوسا بێگومان ئەم قورئانە لە پەرتوکەکانی پێشودا وەك تەوراتو ئینجیل باسی کراوە.

(١٩٧) دەی ئایا هەروا لەسەر لاساریو دژایەتی ئەم قورئانە دەڕۆن مەگەر ئەمە بۆ ئەوان بەڵگەیەکی زانیاریی گەورەی نیە کە نەوەی ئیسرائیل دەزانن کە ئەم پێغەمبەرە ﷺ ڕاستەو تەنانەت جێگای هاتنیشی دەزانن؟ لەوانە عەبدوڵای کوڕی سەلام کەیەکێك بو لەزانا گەورەکانی ئەوسەردەمەی جوەکانی مەدینەو شایەتی لە سەر ڕاستی پێغەمبەر ﷺ داو موسڵمان بوو ئینجا ڕاستیە شاراوەکانی ناوتەوراتیشی سەبارەت بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ﷺ ئاشکراکرد، خوالێی ڕازی بێ . دیسان قورئان باسی کەللە ڕەقیو کوفری ناقۆڵای قورەیش دەکاتو دەفەرموێ:

(١٩٨) ئەگەر ئێمە ئەم قورئانە عەرەبیەمان ڕەوانەی لای هەندێ کەس بکردایە کە لە عەرەبیدا هیچ شارەزاییەکی نەبوایە (١٩٩) جا ئەویش بەسەر ئەوکافرانەی قورەیشی بیخوێندایەوە باوەڕیان بەو قورئانە نەدەهێنا، واتە: خوا ئەناسان لەبەر تۆ نیە ئاوا دژایەتی دەکەن بەڵکو هەر خۆیان سروشتیان وایەو دژی ڕاستیو خوا ناسیی ڕاستەقینەن.

(٢٠٠) هەر ئاوەها بەهۆی لاساریو کەللە ڕەقی خۆیانەوە کوفرو سەرکەشیو دژایەتی ئەم قورئانەو ئاینمان خستە ناو دڵیانەوە.

(٢٠١) کە باوەڕ بەو قورئانە ناکەن هەتا ئەو سزا بە ئێشو ئازارە بە چاوی خۆیان نەبینن.

(٢٠٢) دەی سا چاك بزانن کە ئەو سزا بە ئێشەیان لەناکاو کەهیچ هەستی پێ ناکەن بۆ دێتو دەیانگرێت.

(٢٠٣) ئەوسا کە سزا هات دەڵێن: ئایا مۆڵەتمان پێ دەدرێت؟ بەڵێ لە پێشەوە گاڵتەیان بە هەڕەشەکان دەکردو دەیانوت کوا؟ ئەگەر ڕاست دەکەیت با سزا بێت، وا ئێستاش کەدەیبینن داوای ماوەپێدان دەکەن!

(٢٠٤) دەی ئیتر بۆچی پەلەی هاتنی سزا ی ئێمە دەکەن ؟ بەڕاستی خوانەناسان نەزانو گێلو گەمژەن.

(٢٠٥) پێم بلێ: ئەگەر چەندین ساڵیش بەخۆشیش بیانژێنین،

(٢٠٦) لە پاشان ئەو سزایەی کە ئەوانی پێ ترسێنراوە هاتە
سەریان، (٢٠٧) چ سوودێکیان پێ دەگەیەنێت ئەو خۆشیو
ڕابواردنانەیان؟ ئینجا پەروەردگار تێمان دەگەیەنێت کە ستەم لە کەس ناکاتو تۆڵەی لە کەس نەسەندوە هەتا پەیامی پێ نەگەیشت بێتو دەفەرموێ:

(٢٠٨) هیچ شارێکمان لەناو نەبردوە مەگەر ترسێنەرانیان بۆ هاتبێتو ئەوان پەیامی ﷲیان پێ گەیاند بن، جا ئەوانیش دژایەتیان کردبێت.

(٢٠٩) ئەمەی باسمان کرد پەندو ئامۆژگاریەو ئێمە ستەمکار نینو هەر کەسو گەلو هۆزێك بە گوێرەی کرداری خۆی ڕەفتاری لەگەل دا دەکەین.

(٢١٠) جا شەیتانەکان ئەم قورئانەیان دانەبەزاندوە،

(٢١١) خۆ بۆ یشیان نیە کەئەم کارە بکەنو نایشتوانن چونکە سروشتی ئەوان کوفرو فەسادو گومڕاییەو ئەم قورئانە پڕیەتی لە ڕەوشت بەرزیو فرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپە، جا ئەوان چۆن شتی وادەکەن؟

(٢١٢) بێگومان کە ئەوان لە بیستنی قسەی فریشتەکان بێ بەش کراونو هیچ هەواڵێکی تەواوی ئاسمان نابیسن ئیتر چۆن دەتوانن پەیامێکی گرنگوموعجیزەی ئاوەها بهێنن؟. جائەم بۆچونەیشتان هەروەکو بۆچونەکانی ترتان بێ سەروبەرەو تەنها خۆ خەڵەتاندنەو بۆفریودانی گەمژەو ساویلکەکانی ژێر دەستتانن.

(٢١٣) ئەوسا لەگەل پەرستنی ﷲ دا کەسێکی تر نەپەرستیت، چونکە بەو بەندایەتیە لە ڕیزی سزادراواندا دەبیت.

(٢١٤) جا خزمانی نزیکترت بترسێنە لە سزای سەختی هەردوو ژیان ئەگەر حەقو ڕاستی وەرنەگرن، بەڵێ بەڕاستی پێغەمبەری ئازیز ﷺ ئەم پەیامەی پێشەکی بە گوێی خزمانی نزیکی خۆیدا دا، ئینجا بەم لاو ئەولادا، لە عەبدوڵای کوڕی عەباسەوە هاتوە کە کاتێك پێغەمبەرمان ﷺ چوەتە سەر تەپۆلکەی (سەفا)و بە دەنگێکی بەرز بانگی لە خزمانی کرد کە قوریشەو ئەوانیش هەمویان یان خۆیان یان کەسێکیان نارد کە کۆبونەوە لە دەوریو فەرموی: ئەی کوڕانی عەبدولموتەلیب ئەی کوڕانی فیهر ئەی کوڕانی لوئەی، پێم بڵێن: ئەگەر پێتان بڵێم کە لە پشت ئەم چیایە کۆمەڵە سوارێك دەیانەوێت لەناکاو بدەن بە سەرتاندا باوەڕم پێ دەکەن؟ وتیان: بەڵێ، فەرموی: دەی من ترسێنەرێکم بۆتان پێش هاتنی سزایەکی توند. جا ئەبو لەهەبی مامی وتی: لەناوبچیتو لەمرۆ بە دوا نەژیت، هەر بۆ ئەمە بانگت کردین، پێغەمبەر وەڵامی نەدایەوە بەڵام ﷲ ﴿تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ..الی قولە..مَّسَدِۭ (٥) ﴾ مەسەد: ١ - ٥ لە وەڵامی (ئەبولەهەب)دا نارد. تادوارۆژ ئەم جنێوە ڕۆژانە سەدانوهەزاران جار بە ئەبو لەهەب دەوترێت. خوا بەلوتفت لە توڕەیی خۆت بمان پارێزێ. ئینجا پەروەردگار دەفەرموێ:

(٢١٥) باڵی سۆزو میهرەبانیت دانەوێنە بۆ پەیڕەوانی باوەڕدارتو نەرمونیان بە لەناویاندا.

(٢١٦) ئەوسا ئەگەر ئەوان دژایەتی تۆیان کرد، سا تۆیش بلێ: بەڕاستی من بێزارم لەو کردارو قسە ناپەسەندانەی کە ئێوە دەیکەن.

(٢١٧) جا خۆت بە خاوەن دەسەڵاتوبێنیهایەت میهرەبان بسپێرەو باکت لە کەس نەبێت، بەڵێ، هەر خۆی بەسە.

(٢١٨) ئەو زاتەی کە چاوی لێتە هەر کاتێك هەڵدەستیت بۆ ئیشێك، واتە: چاودێرو پارێزەرتە لە هەمو کاتێکدا.

(٢١٩) خۆ چاوی لە هەڵسو کەوتتە لەناو سوجدەبەرانیشدا.

(٢٢٠) چونکە بێگومان ئەو خۆی بیسەری هەمو قسەو گفتوگۆیەکەو زانەری هەمو ڕەفتارێکە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
طسٓۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡقُرۡءَانِ وَكِتَابٖ مُّبِينٍ (١) هُدٗى وَبُشۡرَىٰ
لِلۡمُؤۡمِنِينَ (٢) ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم
بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ (٣) إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ زَيَّنَّا لَهُمۡ
أَعۡمَٰلَهُمۡ فَهُمۡ يَعۡمَهُونَ (٤) أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَهُمۡ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ
وَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡأَخۡسَرُونَ (٥) وَإِنَّكَ لَتُلَقَّى ٱلۡقُرۡءَانَ مِن
لَّدُنۡ حَكِيمٍ عَلِيمٍ (٦) إِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِأَهۡلِهِۦٓ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا سَـَٔاتِيكُم
مِّنۡهَا بِخَبَرٍ أَوۡ ءَاتِيكُم بِشِهَابٖ قَبَسٖ لَّعَلَّكُمۡ تَصۡطَلُونَ (٧) فَلَمَّا
جَآءَهَا نُودِيَ أَنۢ بُورِكَ مَن فِي ٱلنَّارِ وَمَنۡ حَوۡلَهَا وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ
ٱلۡعَٰلَمِينَ (٨) يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّهُۥٓ أَنَا ٱللَّهُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (٩) وَأَلۡقِ عَصَاكَۚ
فَلَمَّا رَءَاهَا تَهۡتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنّٞ وَلَّىٰ مُدۡبِرٗا وَلَمۡ يُعَقِّبۡۚ يَٰمُوسَىٰ لَا تَخَفۡ
إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ ٱلۡمُرۡسَلُونَ (١٠) إِلَّا مَن ظَلَمَ ثُمَّ بَدَّلَ حُسۡنَۢا بَعۡدَ
سُوٓءٖ فَإِنِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ (١١) وَأَدۡخِلۡ يَدَكَ فِي جَيۡبِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ
مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٖۖ فِي تِسۡعِ ءَايَٰتٍ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَقَوۡمِهِۦٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ
(١٢) فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَٰتُنَا مُبۡصِرَةٗ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ (١٣)

(٢٢١) جا دەفەرموێ: پێتان بڵێم: شەیتانەکان بۆ سەر کێ دێنە خوا رەوە و قسە بۆ کێ دێنن؟

(٢٢٢) بۆسەر هەموو درۆزنێکی تاوانبار دادەبەزن، جاخۆ ئەی قورەیش هەموتان شایەتن لەسەر راستگۆیو ئەمینی محمد ﷺ.

(٢٢٣) کە ئەوان گوێ لە فریشتەکان ڕادەگرن تا شتێکیان دەست بکەوێتو بیدەن بە گوێی درۆزنو تاوانبارەکاندا واتە فاڵچیو جادووگەران، کە لەسەد قسەیەکی راستە. کەواتە محمدی ڕاستگۆ ﷺ ناگونجێ بڵێیت شەیتانەکان دێنە لای، هەروەها ناگونجێ بڵێیت ئەم قورئانە ڕێكو ڕەوانو پڕ لە ژیریو دانایە قسەی شاعیرانە. (٢٢٤) چونکە شاعیران لاڕێو گومڕایان پەیڕەوییان دەکەن نە مرۆڤی ژیرو دانا.

(٢٢٥) مەگەر نەت بینیون سەرگەردانو سەر لێ شێواوانو بە هەمو شیوێکدا دەچنو لەهەمو راستو ناڕاستێ دەدەون؟

(٢٢٦) خۆ بێگومان ئەوان شتێك دەڵێن کە خۆیان نایکەن.

(٢٢٧) مەگەر ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردووەو لە قسەو شیعرەکانیاندا زۆر یادی اللّٰه دەکەن، پاش ئەوەی کە ستەمیان لێکراوە ئەوانیش بە شیعرەکانیان تۆڵەی خۆیان وەردەگرنەوەو ستەم ناکەن. وە بەم زوانە ئەوانەی کە ستەمیان کردوە چ بە هۆنراوەو چ بە غەیری هۆنراوە دەزانن بەرەو کوێ دەچن، بەڵێ لەو شاعیرانەی کە اللّٰه بە چاکی باسیان دەکات ئەوانە بون کە لە خزمەتی پێغەمبەری ئازیزماندا ﷺ بە هۆنراوەکانیان پارێزگاریان لە پێغەمبەر ﷺ و ئایینی ئیسلام دەکرد وەکو حەسانی کوڕی سابیتو عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەو کەعبی کوڕی مالیك، خوا پاداشتی خێری هەموویان بداتەوە.

(٢٧) سورەتی نەمل (٩٣)

سورەتی نەمل کە سورەتی " سلیمان" یشی پێدەوترێت، سورەتی بیستو حەوتەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، نەوەدو سێ ئایەتەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی چلو هەشتەمەو پاش سورەتی (الشعراء)و پێش (القصص) دابەزیوە، وشەی(ٱلنَّمۡلُ / مێورلە) دووجارو (نَمۡلَةٞ) یەکجار لە قورئاندا هاتون ئەویش تەنها لە ئایەتی هەژدەی ئەم سورەتەدایە.

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) تا سین. هەر خوا خۆی دەزانێت مانای چییە. ئەمە نیشانەکانی ئەم قورئانەیەو پەڕاوی دەرخەری ڕاستو ناڕاستە.

(٢) ڕینمونیکەرو موژدەدەرە بۆ باوەڕداران بە نازو نیعمەتی بەردەوامی بەهەشت.

(٣) ئەوانەی کە نوێژەکانیان بە ڕێكو پێکی دەکەنو زەکات دەدەن، خۆ ئەوان دڵنیان بە هاتنی دوارۆژو زیندوبونەوەو حیساب.

(٤) بێگومان ئەوانەی کە باوەڕیان بە دوارۆژ نیە کردارە خراپەکانیانمان بۆ جوان کردونو بە هەڵسوکەوتی نا

لەباری خۆیان شادمانن، جا ئەوان بەڕاستی بێ ئاگاو سەرگەردانن.

(٥) ئەوانە کەسانێکن لە دنیادا خراپترین سزایان بۆ هەیەو لە دواڕۆژیشدا هەر ئەوان زیان لێ کەوتوترو ڕەنجەڕۆترن.

(٦) جا بێگومان کە تۆ لەلایەن زاتێکی داناو زۆر زاناوە ئەم قورئانەت پێ گەیشتوە.

(٧) ئینجا بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرمانﷺ خوای گەورە بە کورتی باسی لەپێغەمبەرایەتی موسا(عليه السلام) دەکاتو دەفەرموێ: بیر بکەرەوە لەو کاتەی کە موسا (عليه السلام) کاتێك شەو بەخۆیو خێزانی دەڕۆیشتنو ڕێیان لێ هەڵە بوو، جا لەو کاتەدا موسا (عليه السلام) ئاگرێکی بینیو بە خاو خێزانی وت: من ئاگرێك دەبینم ئێوە لێرەدا بوەستن تا من بچم بۆ لای ئەو ئاگرە بەڵکو لەوێ کەسێك هەبێت هەواڵی ڕێگای لێ وەربگرم یان دەستە وارمیەك ئاگر بهێنم بەڵکو ئاگرێکی پێ بکەنەوەو خۆتانی پێ گەرم بکەنەوە.

(٨) جا کاتێك کە لێی نزیك بوویەوە بانگ کراو پێی وترا: بە پیتو پیرۆزە ئەوەی کە لەناو ئەم ئاگرەدایەو ئەوەی دەوروبەریشی. واتە: موساو فریشتەکان یان بە پێچەوانەوە، یان موساو چیای تور، جا پاکیو بێ بێگەردی بۆ اللّٰه یە کە پەروەردگاری جیهانیانە.

(٩) ئینجا اللّٰه بانگی موسای کردو فەرموی: ئەی موسا ئەوە منم اللّٰه ی بە دەسەڵاتو کاربەجێ.

(١٠) عەساکەت فڕە بدە موساش(عليه السلام) وای کرد جا کاتێك بینی ئەگەر چی بەجەستەش گەورە بو، بەڵام هەروەکو مارێکی بچوك دەجوڵێت، لە ترسان پشتی تێکردو ئاوڕی لێ نەدایەوە، پەروەردگار بانگی موسای کردو فەرموی: ئەی موسا لەو مارە مەترسە بێگومان پێغەمبەران کاتێك کە لە لای منن لە هیچ شتێك نا بێ بترسن.

(١١) مەگەر ئەو کەسەی کە ستەمی کرد بێتو توشی خراپە بوو بێت، ئەوە دەبێت بترسێت لە تۆڵەی ئێمە بەڵام ئەویش ئەگەر لە پاشان ئەو خراپەیەی گۆڕی بێت بە

وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا فَٱنظُرْ كَيْفَ
كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٤﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَـٰنَ عِلْمًا
وَقَالَا ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى فَضَّلَنَا عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّنْ عِبَادِهِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥﴾
وَوَرِثَ سُلَيْمَـٰنُ دَاوُۥدَ ۖ وَقَالَ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ
وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَىْءٍ ۖ إِنَّ هَـٰذَا لَهُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٦﴾ وَحُشِرَ
لِسُلَيْمَـٰنَ جُنُودُهُۥ مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ وَٱلطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٧﴾
حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوْاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمْلُ ٱدْخُلُواْ
مَسَـٰكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَـٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ
﴿١٨﴾ فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن قَوْلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ
نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَـٰلِحًا
تَرْضَىٰهُ وَأَدْخِلْنِى بِرَحْمَتِكَ فِى عِبَادِكَ ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿١٩﴾
وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيْرَ فَقَالَ مَالِىَ لَآ أَرَى ٱلْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ
ٱلْغَآئِبِينَ ﴿٢٠﴾ لَأُعَذِّبَنَّهُۥ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَاْذْبَحَنَّهُۥٓ
أَوْ لَيَأْتِيَنِّى بِسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٢١﴾ فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ
أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍۭ بِنَبَإٍ يَقِينٍ ﴿٢٢﴾

چاکە، خۆ ئەویش با بزانێت بێگومان کە من لێبوردەو میهرەبانم.

(١٢) جا دەستیشت بخەرە باخەڵتەوە، کە دەردێت سپیە بە بێ ئەوەی عەیبێکی تێدا بێت، ئەمە دوو بەڵگەو نیشانن لەو نۆ بەڵگانەی کە پێت دراوە بۆ لای فیرعەونو گەلەکەی، بێگومان ئەوان گەلێکن لەخراپەو تاواندا لە سنور دەرچوون.

(١٣) جا کاتێك نیشانە ڕوونکەرەوکانی ئێمەیان پێ گەیشت، لەجیاتی گوێ ڕایەڵی و گەردن کەچی وتیان: ئەمە جادوویەکی ڕوونە.

(١٤) لە ڕواڵەتدا دانیان بەڕاستی ئەو نیشانانەدا نەناو نکولیان لێکرد بەڵام دڵنیا بوون کە حەقو ڕاستن تەنها بەهۆی ستەمو لوت بەرزیەوە ئاوا دژایەتی موسایان دەکرد، دەسا تەماشا بکە سەرئەنجامی خراپەکاران چی لێ هات، کە هەموویان بە نیوە ڕۆژێك خنکانو لە ناوچون، جا بابترسن لەدژایەتیکردنی محمدﷺ کە ئەو گەورەی پێغەمبەرانەو پەراوەکەیشی گەورەی پەراوانە، کەوا بوو دژایەتی کردنیشی تاوانێکی گەورەترە لە تاوانی فیرعەونو

إِنِّي وَجَدتُّ ٱمۡرَأَةٗ تَمۡلِكُهُمۡ وَأُوتِيَتۡ مِن كُلِّ شَيۡءٖ وَلَهَا
عَرۡشٌ عَظِيمٞ (٢٣) وَجَدتُّهَا وَقَوۡمَهَا يَسۡجُدُونَ لِلشَّمۡسِ مِن
دُونِ ٱللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَصَدَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ
فَهُمۡ لَا يَهۡتَدُونَ (٢٤) أَلَّا يَسۡجُدُواْۤ لِلَّهِ ٱلَّذِي يُخۡرِجُ ٱلۡخَبۡءَ
فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَيَعۡلَمُ مَا تُخۡفُونَ وَمَا تُعۡلِنُونَ (٢٥) ٱللَّهُ
لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ ۩ (٢٦) ۞ قَالَ سَنَنظُرُ
أَصَدَقۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ (٢٧) ٱذۡهَب بِّكِتَٰبِي هَٰذَا
فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ ثُمَّ تَوَلَّ عَنۡهُمۡ فَٱنظُرۡ مَاذَا يَرۡجِعُونَ (٢٨) قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلۡمَلَؤُاْ إِنِّيٓ أُلۡقِيَ إِلَيَّ كِتَٰبٞ كَرِيمٌ (٢٩) إِنَّهُۥ مِن سُلَيۡمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسۡمِ
ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ (٣٠) أَلَّا تَعۡلُواْ عَلَيَّ وَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ (٣١)
قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَفۡتُونِي فِيٓ أَمۡرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمۡرًا حَتَّىٰ
تَشۡهَدُونِ (٣٢) قَالُواْ نَحۡنُ أُوْلُواْ قُوَّةٖ وَأُوْلُواْ بَأۡسٖ شَدِيدٖ وَٱلۡأَمۡرُ إِلَيۡكِ
فَٱنظُرِي مَاذَا تَأۡمُرِينَ (٣٣) قَالَتۡ إِنَّ ٱلۡمُلُوكَ إِذَا دَخَلُواْ قَرۡيَةً
أَفۡسَدُوهَا وَجَعَلُوٓاْ أَعِزَّةَ أَهۡلِهَآ أَذِلَّةٗۚ وَكَذَٰلِكَ يَفۡعَلُونَ (٣٤)
وَإِنِّي مُرۡسِلَةٌ إِلَيۡهِم بِهَدِيَّةٖ فَنَاظِرَةُۢ بِمَ يَرۡجِعُ ٱلۡمُرۡسَلُونَ (٣٥)

گەلەكەی دەی دەبێت چاوەڕوانی سزای گەورەتر بكرێت بۆ تاونبارانی ئەم گەلە. ئینجا پەروەردگار باسی هەندێ لەو چاكانەی خۆی دەكات كە داویەتی بەو دوو بەندە چاكەی خۆی كە داوودو سلێمان كوڕیەتیو دەفەرموێ:

(١٥) بەڕاستی ئێمە زانیاریەكی گەورەمان دابوو بە داودو سلێمان جا ئەوانیش وتیان: سوپاس هەر بۆ ﷲ یە ئەو زاتەی كە ئێمەی بەڕێزتر كردوە بەسەر زۆرێك لە بەندە باوەڕدارەكانیدا.

(١٦) ئەوسا سلێمان بوو بە جێ نشینی داوودی باوكیو زانست وپێغەمبەرایەتی لەو بە ئیرس برد، جا وتی: ئەی خەلكینە ئێمە فێری قسەی باڵندە كراوینو وتووێژیان لەگەڵ دا دەكەینو لێیان تێدەگەیین، خۆ هەمو شتێكیشمان پێدراوە بەڕاستی ئەمە هەر خۆی ڕێزێكی ئاشكرایە.

(١٧) جا بۆ سلێمان سەربازەكانی لە جنۆكەو مرۆڤ و باڵندە كۆكرایەوە، ئەوسا ئەوان بە ڕێكوپێكی ریزكرانو لە بەردەم سلێماندا كە سوپایەكی گەورەو ڕێكوپێك بوون دەبران.

(١٨) هەتا گەیشتنە شیوی مێروولە، جا لەو كاتەدا مێروولەیەك بانگی لە مێروولەكان كردو وتی: ئەی مێروولەكان بچنە ناو كونەكانتانەوە تا سلێمانو سەربازەكانی بە بێ ئەوەی هەست بكەن نەتان شكێنن بەیەكداو لەناوتان نەبەن. بەڵێ ئەم مێروولەیە دڵسۆزی بۆ هاوشێوەكانی خۆی دەربڕیو نەیدەزانی سلێمان پێیان دەزانێت، بەڵام سلێمان ﷺ بانگەوازەكەی بیستو نیگەران بوو لەوەی كە ئەو مێروولەیە ئەوانی بە بێ هەست ناوبردوە.

(١٩) ئەوسا سلێمان ﷺ بە قسەكەی بزەی پێكەنینی هات و نەیویست سەرزەنشت یان تۆڵەی قسەكەی لێ وەربگرێت، بەڵكو ڕوی لە پەروەردگاری كردو وتی: ئەی پەروەردگارم رامم بكەو بۆم برەخسێنە بۆ ئەوەی بتوانم سوپاسی ئەو نیعمەتە گەورەیەت بكەم كە داوتە بە منو بە باوكو دایكم، وە وام لێ بكە كرداری چاكی وا بكەم كە تۆ پێی ڕازی بیت، وە بە سۆزو بەزەیی خۆت بم خەرە ناو بەندە چاكەكانتەوە.

(٢٠) جاسەرردانی باڵندەكانی كردو وتی: ئەوە چیە بۆ پەپو سلێمانە نابینم یان ئەو لێرە نیە؟ جا كاتێك بۆی دەركەوت كە لەوێ نیە هەڕەشەی لێ كردو وتی:

(٢١) دەبێت سزایەكی زۆر توندی بدەم یان سەری ببڕم، یان دەبێت بەڵگەیەكی ڕۆشنم بۆ بێنێت كە بێ تاوانی لێرەنەبونی بسەلمێنێت.

(٢٢) زۆری پێ نەچوو كە پەپو سلێمانە هاتەوە خزمەتی سلێمانﷺ جا وتی: من شتێكم دەستكەوتوە كەدەستی تۆ نەكەوتووەوپێت نەزانیوە ، خۆ من لە (سەبەئە) وە هەواڵێكی ڕاستو دروستم بۆ هێناوی.

(٢٣) بێگومان من ژنێكم بینی كە پاشایەتی ئەو گەلە دەكاتو هەمو شتێكی پێدراوەو تەختێكی زۆر گەورەی هەیە.

(٢٤) بینیم كە خۆیشیو گەلەكەیشی سوجدە بۆ خۆر دەبەن نە بۆ ﷲ، جا شەیتان كردارە خراپەكانی بۆ جوان كردونو پێیان وایە لەسەر حەقن، خۆ بەوشێوەیە شەیتان

فَلَمَّا جَآءَ سُلَيۡمَٰنَ قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٖ فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيۡرٞ مِّمَّآ
ءَاتَىٰكُمۚ بَلۡ أَنتُم بِهَدِيَّتِكُمۡ تَفۡرَحُونَ ﴿٣٦﴾ ٱرۡجِعۡ إِلَيۡهِمۡ فَلَنَأۡتِيَنَّهُم
بِجُنُودٖ لَّا قِبَلَ لَهُم بِهَا وَلَنُخۡرِجَنَّهُم مِّنۡهَآ أَذِلَّةٗ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ﴿٣٧﴾ قَالَ
يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَيُّكُمۡ يَأۡتِينِي بِعَرۡشِهَا قَبۡلَ أَن يَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ ﴿٣٨﴾
قَالَ عِفۡرِيتٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَۖ وَإِنِّي
عَلَيۡهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٞ ﴿٣٩﴾ قَالَ ٱلَّذِي عِندَهُۥ عِلۡمٞ مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ أَنَا۠ ءَاتِيكَ
بِهِۦ قَبۡلَ أَن يَرۡتَدَّ إِلَيۡكَ طَرۡفُكَۚ فَلَمَّا رَءَاهُ مُسۡتَقِرًّا عِندَهُۥ قَالَ هَٰذَا
مِن فَضۡلِ رَبِّي لِيَبۡلُوَنِيٓ ءَأَشۡكُرُ أَمۡ أَكۡفُرُۖ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشۡكُرُ
لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيّٞ كَرِيمٞ ﴿٤٠﴾ قَالَ نَكِّرُواْ لَهَا عَرۡشَهَا
نَنظُرۡ أَتَهۡتَدِيٓ أَمۡ تَكُونُ مِنَ ٱلَّذِينَ لَا يَهۡتَدُونَ ﴿٤١﴾ فَلَمَّا جَآءَتۡ قِيلَ
أَهَٰكَذَا عَرۡشُكِۖ قَالَتۡ كَأَنَّهُۥ هُوَۚ وَأُوتِينَا ٱلۡعِلۡمَ مِن قَبۡلِهَا وَكُنَّا مُسۡلِمِينَ
﴿٤٢﴾ وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعۡبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ إِنَّهَا كَانَتۡ مِن قَوۡمٖ كَٰفِرِينَ
﴿٤٣﴾ قِيلَ لَهَا ٱدۡخُلِي ٱلصَّرۡحَۖ فَلَمَّا رَأَتۡهُ حَسِبَتۡهُ لُجَّةٗ وَكَشَفَتۡ عَن
سَاقَيۡهَاۚ قَالَ إِنَّهُۥ صَرۡحٞ مُّمَرَّدٞ مِّن قَوَارِيرَۗ قَالَتۡ رَبِّ إِنِّي
ظَلَمۡتُ نَفۡسِي وَأَسۡلَمۡتُ مَعَ سُلَيۡمَٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٤﴾

ڕێگای ڕاستی لێ گرتوون، ئەوسا ئەوانیش ڕێگای ڕاستیان لێ ون بووە. جاپەپو بۆ ئەوەی گومانی خراپی پێ نەبرێت لۆمەی ئەو گەلە دەكات‌ودەڵێ:

(٢٥) بۆ ئەوانە سوجدە نابەن بۆ ئەو ﷲ یەی كە شاراوەكانی ناو ئاسمانان‌و زەوی دەردەهێنێت، وەبە وەی كە دەیشارنەوەو ئەوەیش كە ئاشكرای دەكەن دەزانێت‌و هیچ شتێك لەلای ئەو شاراوە نیە، چونكە هەموی دروستكراوی خۆیەتی؟!

(٢٦) ئەو ﷲ یەی كە هیچ پەرستراوێكی ڕاستەقینەتر جگە لەو نیەو ئەو پەروەردگاری تەختی گەورەیە، دیارە ئەمانە قسەی پەپو سلێمانە بوو.جا جێگای خۆیەتی كە كوشتنی ئەم باڵندەیە قەدەغەكراو بێت هەروەكو ئیبنو عەباس دەگێڕێتەوە كە: {نَهَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَنْ قَتْلِ أَرْبَعٍ مِنْ الدَّوَابِّ النَّمْلَةِ وَالنَّحْلِ وَالْهُدْهُدِ وَالصُّرَدِ/ابوداود.صححه الالباني/ كە پێغەمبەرﷺ كوشتنی چوار جانەوەری قەدەغە كردوە مێرولەو مێش هەنگ‌و پەپو سلێمانەو سورەد كە چۆلەكەیەكی سەر و دەنوك گەورەیە}.

(٢٧) سلێمان ﷺ وتی: جاوا تەماشا دەكەین بزانین ئایا تۆ ڕاست دەكەیت یان لە درۆزنانی؟

(٢٨) ئەم نامەیەی من ببەو بیگەیەنە بەوان پاشان كەمێك لەوان دووربكەوە، جا تەماشا بكە بزانە چ ڕاوێژێك دەكەن. جا ئەویش نامەكەی بردو فڕێی دایە لای پاشاكەیان‌و كاتێك نامەكەی خوێندەوە

(٢٩) وتی: ئەی پیاو ماقوڵانی دەربار بێگومان من نامەیەكی بەڕێزم بۆ هاوێژراوە.

(٣٠) كە ئەو نامەش لە سلێمانەوەیە، كە نوسراوە بە ناوی ﷲ یە كە زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبانە.

(٣١) قسەم ئەوەیە كە نابێت خۆتان بەسەر مندا بەرز بكەنەوە، جا بە گەردن كەچی‌و باوەڕداری وەرنە لام، ئەوسا پاش خوێندنەوەی دەقی ئەو نامەیە،

(٣٢) وتی: ئەی پیاوە بەڕێزو ماقوڵەكان لە بارەی ئەم ئیشەی منەوە بڕیارم بۆ بدەن، چونكە خۆتان دەزانن باوی من وابوە كە بڕیاری تەواوی هیچ شتێك نادەم تا ئێوە لەلام ئامادە نەبن‌و پرس‌و ڕاتان پێ نەكەم، ئەوە كۆڕی ڕاوێژ یان پەرلەمانی ئەو ژنە پاشایە بوو ئەمڕۆش وا دەزانن هەر خۆیان لێزان‌و پێشكەوتون چونكە پەرلەمانیان هەیە؟!

(٣٣) بەڵێ پەرلەمانەكەی ئەو ئافرەتە یەكدەنگ وتیان: ئێمە خاوەنی هێزین‌و خاوەن زات‌و زۆری توندین‌و ئامادەین بۆ شەڕ كردن بەڵام هەرچی بكەین بڕیار هەر بە دەست خۆتە، جا تەماشا بكەو بزانە چ بڕیارێك دەدەیت؟

(٣٤) وتی: بێگومان كە پادشایان هەر كاتێك بە زۆر چونە هەر وڵاتێكەوە ئەو وڵاتە تێك‌و پێك دەدەن‌و بەڕێزەكانی سەرشۆڕ دەكەن، خۆ ئەوانیش هەر ئاوەها دەكەن.

(٣٥) جا من خەڵاتێكی گەورەیان بۆ دەنێرم، ئەوسا چاوەڕێ دەكەم بزانم نێرراوەكان چۆن دەگەڕێنەوە، جا پەپۆ سلێمانە كە ئەم پرس‌و ڕایەی بیست‌و باسی خەڵاتەكەی زانی بە پەلە گەڕایەوە بۆ لای سلێمان.

٣٦ حا كاتێك گەیشتە سلێمانو باسەكەی كردو خەڵاتەكە گەیشتە سلێمان (عليه السلام) وتی: بە ماڵو سامان دەتانەوێت لەگەل مندا بجولێنەوە لەسەر ئەوەی كە من واز لە ئێوە بهێنم كە هەروا لەسەر شیركو كوفری خۆتان بمێننەوە؟ خۆ ئەوەی كە الله بە منی داوە لە پێغەمبەرایەتیو سەروەتو سامانو سەربازو هێز زۆر چاكترە لەوەی كە بە ئێوەی داوە لە ماڵی دنیا، بەڵكو ئێوەن كە بەو خەڵاتەی خۆتان دەنازنو پیتان وایە شتێكی گەورەیە ئیمە لەو جۆرە خەڵاتانە بێ نیازین.

٣٧ بگەڕێرەوە بۆ لایانو پێیان بڵێ: ئەوا ئێمە سەرباز گەلێكی وا دەهێنینە سەریان كە توانای ڕووبەڕوو بونەوەیان نەبێت، بێگومان لە وڵاتەكەیان بە سەرشۆڕی دەریان دەكەین لە كاتێكدا كەسوكو زەلیل بن، جا كاتێك ئەم هەڵوێستەی سلێمان گەیشتەوە پاشای (سەبە)، بڕیاری دا كە خۆیو گەلەكەی ملكەچو گوێرایەڵی سلێمان بنو پەیڕەوی فرمانەكانی بكەن.

٣٨ جا سلێمانیش (عليه السلام) كاتێ كەئەم هەواڵەی زانی، وتی: ئەی بەڕێزانی دەربار كامتان دەتوانن پێش ئەوەی كە ئەو خۆی بە گەردن كەچی بێتە لام تەختی پاشاییەكەییم بۆ بهێنن؟ سلێمان لەو كاتەدا لە (قودس) بوەو ئەو ژنەش لە سەبە ئی یەمەندا بوە.

٣٩ جنۆكەیەكی گەورەی بەهێز وتی: من بۆت دەهێنم پێش ئەوەی لەم جێگایەی خۆت هەڵسیتو كۆڕەكەت بەجێ بهێڵیت، جا بێگومان من زۆر بەتوانامو دەست پاكم لە سەر بەجێ هاوردنی ئەم ئەركە، بەڵام سلێمان(عليه السلام) دەیویست زووتر بگاتە دەستی،

٤٠ بۆیە ئەو كەسەی كە هەندێك لە زانیاری ئەو پەڕاوە ڕەوانە كراوەی لەلا بوو سنگی دەرپەڕاندو وتی: من پێش ئەوەی چاوت بتروكێنیت بۆت دەهێنم، بەڵێ ئەو كەسە كە هەندێك دەڵێن: ئاسەفی كوڕی بەرخیا، نوسەری سلێمان بوو بە چاو تروكانێك ئەو تەختی پاشایەتییەی هێنا، جا كاتێك كە سلێمان بینی لەلای دانراوە وتی: ئەمە بەشێكە لە ڕێزەكانی پەروەردگارم بۆ من بۆ ئەوەی تاقیم بكاتەوە كە ئایا سوپاسی دەكەم یان سپڵەو نمەك نەناسم، خۆ هەر كەسێك سوپاسی بكات سوپاسەكەی هەر بۆ خۆیەتیو خۆی پاداشتی ئەو سوپاسە وەردەگرێتەوەو هەر كەسێكیش سپڵەییو نا سوپاسی بكاتو چاكەی لەبەر چاو نەبێت، ئەویش هەروەها خۆی زیان لێ كەوتوو دەبێت چونكە بەڕاستی پەروەردگارم بێ نیازو سەخاوەت مەندە.

٤١ ئینجا سلێمان(عليه السلام) وتی: تەختەكەی بۆ بگۆڕن تا تەماشا بكەین بزانین دەیناسێتەوە یان لەوانەیە كەسەری لەبەر دەرناكاتو نایناسێتەوە.

٤٢ ئەوسا كە ئەو پاشا ئافرەتە هات پێی وترا: ئایا تەختەكەی تۆیش ئاوایە؟ وتی: ئەڵێی هەر ئەوە، وە ئەمەش لە ژیری ئەم ئافرەتە بو نەی وت: بەڵێ، ئەوەیە چونكە گۆڕانكاری تێدا كرابو، نەیوت ئەوەش نیە چونكە ناسییەوە، بۆیە وەڵامێكی دایەوە كە لە هەر دوو لاوە راستە، جا سلێمان كاتێك ژیریو زیرەكی ئەو پاشا ئافرەتەی بۆ دەركەوت وتی: ئێمە ناسینی هێزو دەسەڵاتی پەروەدگارمانو ڕێزی پێغەمبەرایەتیمان پێ دراوە پێش ئەمەو ئێمە موسڵمان بووین.

٤٣ بەڵام بەندایەتی ئەو ئافرەتە بۆ جگە لە الله ئەوی لەو حەقیقەتو راستیە بەرگری كرد بوو، بێگومان كە ئەو لە گرۆی خوانەناسان بوو.

٤٤ پێی وترا بچۆ ناو ئەم كۆشكەوە جا كاتێك چاوی بە ڕێگای چونە ناو كۆشكەكە كەوت وای زانی ئەوە ئاوەو قاچی هەلكرد، سلێمان وتی: ئەمە كۆشكێكی سافە لە شوشە دروستكراوە، جا ئەو ئافرەتە كە ئەم دەسەڵاتو هێزەی دی سەری سوڕماو جگە لەوەی كە سەری بەندایەتی بۆ الله نەوی بكات هیچی تری بە دەستەوە نەماو وتی: ئەی پەروەردگارم بەڕاستی من ستەمم لە خۆم كردوە بە پەرستنی جگە لە تۆ، وا ئیستا من لەگەل سلێماندا

ملكەچی پەروەردگاری جیهانیانم. ئینجا باسی گەلی صالحمان بۆ دەكاتو دەفەرموێ:

﴿٤٥﴾ بەڕاستی بۆ گەلی (سەمود) صالحی برایانمان ﷺ بۆ ناردن كە پێیان بڵێت: الله بپەرستنو واز لە شیرك بهێنن، كەچی ئەوان بوون بە دوو دەستەوەو دژایەتی یەكتریان دەكرد هەندێكیان باوەڕیان پێ كردو هەندێكیان بە درۆیان دەخستەوە.

﴿٤٦﴾ وتی: ئەی گەلەكەم بۆ لەباتی داوای ڕەحمەتو سۆزی الله بەپەلەن بۆ هاتنی سزای؟ دەی داوای لێخۆشبوون بكەن لە الله بەڵكو بەزەیی پێتاندا بێتەوە.

﴿٤٧﴾ وتیان: نەگبەتی ئێمە بەهۆی تۆو ئەوانەن لەگەڵ تۆدان وتی: ئەوەی كە دووچارتان دەبێت لە چاكو خراپ هەمووی بە فرمانی خوایەو دەستی هیچ كەسی تێدا نیە، ئەوسا هەر خۆتان بەرپرسیارن لەو ڕوودۆخەی هەتانە، بەڵكو ئێوە گەلێكن كە بە چاكو بە خراپ تاقی دەكرێنەوە.

﴿٤٨﴾ لەناو شاری (سەمود)دا نۆ پیرو تاقم هەبون كە هەر خەریكی خراپەكردن بوون لە زەویداو هیچ چاكەیەكیان نەدەكرد، تا گەیشتنە ئەو ئاستەی كە بڕیاری كوشتنی ساڵح ﷺ بدەن.

﴿٤٩﴾ بەیەكتریان وت: وەرن سوێند بخۆین بە الله كە شەو بەیەكەوە هەمومان بدەین بەسەر ساڵح خۆیو خاو خێزانیداو بیانكوژین لە پاشان بۆ خاوەن خوێنی ساڵح سوێند بخۆین كە ئێمە لە كوشتنی ئەواندا دەستمان نیەو ئاگادارنین، خۆ ئێمە بێگومان ڕاست دەكەین . بەڵێ ئەو تاوانبارانە ئەو بڕیارە پڕ مەترسیییەیان دژی ساڵح ﷺو خاو خێزانیداو پێیان وابو كەئەو بوونەوەرە بێ خاوەنەو هەرچی ئارەزۆی لێ بكەن وا دەبێت؟! لەڕاستیدا ئەوە ڕەوشتی ستەمكارانە لە هەمو سەردەمێكداو دەیانەوێت هەمو شت هەر بە دەستو فرمانی ئەوان بێتو پێچەوانەی ئارەزۆی ئەوان نابێت، جا ئەو نۆ پیرە ستەمكارەیش پاش كوشتنی وشترەكە ئەم بڕیارەیان دا بەڵام خوا شتێكی كرد كە ئەوان بە خەیاڵیاندا نەدەهات، دەفەرموێ:

وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمۡ صَٰلِحًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ فَإِذَا
هُمۡ فَرِيقَانِ يَخۡتَصِمُونَ ﴿٤٥﴾ قَالَ يَٰقَوۡمِ لِمَ تَسۡتَعۡجِلُونَ
بِٱلسَّيِّئَةِ قَبۡلَ ٱلۡحَسَنَةِۖ لَوۡلَا تَسۡتَغۡفِرُونَ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ
تُرۡحَمُونَ ﴿٤٦﴾ قَالُواْ ٱطَّيَّرۡنَا بِكَ وَبِمَن مَّعَكَۚ قَالَ طَٰٓئِرُكُمۡ
عِندَ ٱللَّهِۖ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ تُفۡتَنُونَ ﴿٤٧﴾ وَكَانَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ تِسۡعَةُ
رَهۡطٖ يُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا يُصۡلِحُونَ ﴿٤٨﴾ قَالُواْ
تَقَاسَمُواْ بِٱللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِۦ مَا شَهِدۡنَا
مَهۡلِكَ أَهۡلِهِۦ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٤٩﴾ وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا
وَمَكَرۡنَا مَكۡرٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٥٠﴾ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ
كَانَ عَٰقِبَةُ مَكۡرِهِمۡ أَنَّا دَمَّرۡنَٰهُمۡ وَقَوۡمَهُمۡ أَجۡمَعِينَ
﴿٥١﴾ فَتِلۡكَ بُيُوتُهُمۡ خَاوِيَةَۢ بِمَا ظَلَمُوٓاْۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿٥٢﴾ وَأَنجَيۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٥٣﴾ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ
أَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ وَأَنتُمۡ تُبۡصِرُونَ ﴿٥٤﴾ أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ
ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةٗ مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِۚ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ ﴿٥٥﴾

﴿٥٠﴾ خەریك بوو كەتنێكی گەورە بكەن، ئەوسا ئێمەش كاری خۆمانمان لەگەڵدا كردن، ویستیان كەس نەزانێت ئەو ئیشە بكەن ئێمەش بە شێوەیەك بۆ ئەوان هاتین كە ئەوان ئاگایان لە خۆیان نەبوو، جا بە دەنگێك لەناومان بردنو وەك دارو بەرد چەنو مل كەوتن.

﴿٥١﴾ جا تەماشا بكەنو بزانن سەرئەنجامی كەتنەكەیان بوو بە چی بێگومان ئێمە خۆیانو گەلەكەیانمان تێكڕا تارومار كردو لەناومان بردن.

﴿٥٢﴾ ئەوە ماڵەكانی ئەوانە چۆڵو هۆڵو ڕوخاون بە هۆی ئەو ستەمەی كە كردیان، بێگومان لەمەدا بەڵگەیەكی گەورە هەیە بۆ گەلێك كە دەسەڵاتو هێزی ئێمە بزاننو پەندی لێوەربگرن.

﴿٥٣﴾ خۆ ئەوانەی كە باوەڕیان هێنا بوو پارێزكار بون لەو سزایە ڕزگارمان كردن.

﴿٥٤﴾ ئینجا بە كورتی داستانی (لوت) ﷺ باس دەكاتو دەفەرموێ: خۆلوتیشمان ﷺ نارد بۆ گەلەكەی، جا باس بكە ئەو كاتەی كە بە گەلەكەی وت: ئایا ئێوە ئەو ئیشە

۞ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَخْرِجُوٓاْ ءَالَ
لُوطٍ مِّن قَرْيَتِكُمْۖ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ ﴿٥٦﴾ فَأَنجَيْنَٰهُ
وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ قَدَّرْنَٰهَا مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ ﴿٥٧﴾ وَأَمْطَرْنَا
عَلَيْهِم مَّطَرًاۖ فَسَآءَ مَطَرُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿٥٨﴾ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ
عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَىٰٓۗ ءَآللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٥٩﴾
أَمَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ
مَآءً فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ
أَن تُنۢبِتُواْ شَجَرَهَآۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ ﴿٦٠﴾
أَمَّن جَعَلَ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَٰلَهَآ أَنْهَٰرًا وَجَعَلَ لَهَا
رَوَٰسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ ٱلْبَحْرَيْنِ حَاجِزًاۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِۚ بَلْ
أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦١﴾ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ
وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِۗ أَءِلَٰهٌ
مَّعَ ٱللَّهِۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾ أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِي
ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَيْ
رَحْمَتِهِۦٓۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِۚ تَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٣﴾

قێزەون‌و بەدڕەوشتیە ئەنجام دەدەن لە حاڵێکدا خۆیشتان بە ڕۆشنبیر دەزانن؟!

(٥٥) ئایا ئێوە دەچنە لای پیاوان‌و واز لە ژنان دەهێنن‌و مەبەستان تەنها ئارەزۆ بازیە و هیچی تر؟ نەك هەر ئارەزۆ بازن بەڵكو ئێوە گەلێکی نەزانن.

(٥٦) جا وەڵامی ئەو گەلەی لوت عليه السلام تەنها ئەوە بوو کە بە یەکتریان دەوت: لوت‌و پەیڕەوانی لە شاری خۆتان دەربکەن، چونکە بێگومان کە ئەوان خەڵکێکن پاك‌و خاوێنیان دەوێت، واتە: هەر خۆیان ئەم ئیشەی خۆیان بە ناپوخت دەزانی، جا پاش ئەوەی ئەم گەلەی لوت عليه السلام وازیان لەو تاوانە پیس‌و گەورەیە نەهێنا، خوای زاناو کاربەجێ بە سەروبن کردن‌و دەنگی گەورەو بەرد باران کردنیان لەناوی بردن وەك دەفەرموێ:

(٥٧) ئەوسا ئێمە لوت عليه السلام‌و خاو خێزانیمان ڕزگار کرد جگە لە ژنەکەی کە بڕیارمان دا بو بەهۆی پاڵپشتی کردنی لە ئەو خراپکارانە، لەناو ئەواندا بمێنێتەوەو رزگاری نەبێت.

(٥٨) جا بارانمان باراند بەسەریاندا چ بارانێك، بارانی بەردو سزا، ئای بارانی ترسێنراوان چەندە خراپە.

(٥٩) بڵێ: سوپاس هەر بۆ الله و سەلام لەو بەندانەی کە هەڵبژێراوون، ئایا الله چاکە یان ئەوەی کە ئێوە دەیکەن بە هاوبەشی؟

(٦٠) یان ئەو کەسەی کە ئاسمانان‌و زەوی دروست کردوەو لە ئاسمانەوە ئاوی ناردۆتە خوارەوە؟ جا باخچە گەلێکی خاوەن جوانی‌و بە ڕەونەقمان بەو ئاوە رواندوە کە ئێوە ناتوانن دارەکانیشی بڕوێنن، ئایا خودایەکی تر هەیە لەگەل الله‌دا؟ نەخێر، ئەوان گەلێکن لە ڕێگای‌و بەرنامەی ڕاست لایان داوەو هاوتا بۆ الله دادەنێن.

(٦١) یان ئەو کەسەی کە زەوی ڕاگیرکردوەو ڕووبارەکانی لەناودا داناوەو چیاکانی بۆ راگیرکردنی زەوی داناوەو لەنێوان ئەو دوو دەریا سوێرو شیرینەیشدا پەردەی داناوە کە تیکەڵاو نابن دەی ئایا خودایەکی تر هەیە لەگەل الله‌دا کە دەستی لە دروستکردنی یەکێك لەو شتانەدا هەبێت؟ نەخێر نیە بەڵام زۆربەی ئەوان ئەم راستیانە نازانن.

(٦٢) کێیە دێت بە هاواری پەك کەوتەیەکەوە هەر کاتێك بانگی بکات‌و ئەو ناخۆشیەی کە بەسەریەوەیە لای ببات، وەبتانکات بە جێنشین لەم زەویەدا؟ ئایا خودایەکی تر هەیە لەگەل الله‌دا کە یەکێك لەو شتانەتان بۆ بکات؟ ئەمانە کەم ئامۆژگاری وەردەگرن، جا ئایا ئەو کەسەی کە ئەوان دەیپەرستن چاکە یان ئەم زاتە فریادرەس‌و بە شکۆیە؟

(٦٣) یان کێیە ئەو کەسەی کە لەناو تاریکاییەکانی وشکانی‌و دەریادا ڕێنماییتان دەکات؟ وە یان ئەو کەسەی کە با ڕەوانە دەکات کە موژدەی بارانبارین پێش هاتنی باران دەدات؟ ئایا خودایەکی تر هەیە لەگەل الله‌دا کە کارێك لەو کارانە بکات؟ الله زۆر بێ نیازو بەرزترە لەو هاوبەشیەی کە ئەوان بۆی دادەنێن.

(٦٤) ئایا ئەوەی کە ئەوان دەیپەرستن چاکە یان ئەو زاتەی کە لە سەرەتادا دروستکراوەکانی دروستکردوەو لە پاش مردنیش دووبارە زیندویان دەکاتەوە؟ جا یان ئەو کەسەی

أَمَّن يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۗ
أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِۚ قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٦٤﴾
قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ وَمَا يَشۡعُرُونَ
أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ﴿٦٥﴾ بَلِ ٱدَّٰرَكَ عِلۡمُهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ بَلۡ هُمۡ
فِي شَكّٖ مِّنۡهَاۖ بَلۡ هُم مِّنۡهَا عَمُونَ ﴿٦٦﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ
أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ أَئِنَّا لَمُخۡرَجُونَ ﴿٦٧﴾ لَقَدۡ وُعِدۡنَا
هَٰذَا نَحۡنُ وَءَابَآؤُنَا مِن قَبۡلُ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٦٨﴾
قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ
﴿٦٩﴾ وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُن فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ﴿٧٠﴾
وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلۡوَعۡدُ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٧١﴾ قُلۡ عَسَىٰٓ
أَن يَكُونَ رَدِفَ لَكُم بَعۡضُ ٱلَّذِي تَسۡتَعۡجِلُونَ ﴿٧٢﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ
لَذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَشۡكُرُونَ ﴿٧٣﴾ وَإِنَّ
رَبَّكَ لَيَعۡلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمۡ وَمَا يُعۡلِنُونَ ﴿٧٤﴾ وَمَا مِنۡ غَآئِبَةٖ
فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٍ ﴿٧٥﴾ إِنَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ
يَقُصُّ عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَكۡثَرَ ٱلَّذِي هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴿٧٦﴾

که له ئاسمان‌و زەویدا ڕۆزیتان پێ دەدات؟ ئایا خودایەکی تر هەیە لەگەڵ ﷲدا؟ بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن دەی بەڵگەتان بهێنن؟

(٦٥) بڵێ: جگە لە ﷲ لە ئاسمانان‌و زەویدا هیچ کەسێکی تر نیە کە نهێنیی‌وشاراوە بزانێت؟ خۆ هەستیش ناکەن کە کەی زیندوو دەکرێنەوە.

(٦٦) بەڵکو ئەوان وا قسەلە قیامەت دەکەن کە گوایە خۆیان لەو بارەوە گەیشتون بەو پەڕی زانیاری‌و پێویستیان بە پێغەمبەران نیە، نەخێر ئەوان لە بارەی قیامەتەوە لە گوماندان، بەڵکو ئەوان لەو ڕۆژە زۆر بێ ئاگان‌و چاوی بینینی ئەو ڕۆژەیان نیە.

(٦٧) خۆ ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون، وتیان: ئایا ئێمەو باوباپیرانمان کە بووین بە خاك جارێکی تر بە زیندوی دەردەهێنرێینەوە؟

(٦٨) بەڕاستی لە پێشەوە باوباپیرانمان‌و ئێمەیش ئەم بەڵێنەمان پێدرا کە پاش مردن زیندو دەکرێینەوە کە ئەمە جگە لە داستانی هەڵبەسراوی پێشوان شتێکی تر نیە.

(٦٩) بڵێ: بە زەویدا بگەڕێن، جا تەماشا بکەن‌و بزانن سەرئەنجامی تاوانباران چۆن بووەو چییان بەسەر هاتوە؟

(٧٠) ئینجا ﷲ دڵی پێغەمبەری ئازیزمانﷺ دەداتەوەو دەفەرموێ: جا خەم مەخۆ لەسەر خراپەو تاوانی ئەوان‌و خۆت دڵ تەنگ مەکە لەبەر ئەو فرو فێڵەی کە ئەنجامی دەدەن.

(٧١) خۆ دەڵێن: ئەگەر ڕاست دەکەن کەی ئەو بەڵێنە دێتە دی؟ کە سزامان بۆ بێت؟

(٧٢) بڵێ: لەوانەیە هەندێك لەو سزایەی کە ئێوە پەلەی بۆ دەکەن لێتان نزیك بوبێتەوە.

(٧٣) خۆ بێگومان کە پەروەردگارت خاوەن چاکەیە بەسەر خەڵکدا بەڵام زۆربەی ئەوان سوپاسی ﷲ ناکەن.

(٧٤) ئەوسا بێگومان پەروەردگارت بەوەی کە لە دڵیاندا شاردویانەتەوە دەزانێت‌و ئەوەیش کە ئاشکرای دەکەن.واتە: پەنهانی‌و ئاشکرایی لەلای ﷲ یەکسانەو وەك یەك دەیانزانێت.

(٧٥) هیچ شاراوەیەك لە ئاسمان‌و زەویدا نیە مەگەر لە پەڕاوی ڕۆشنکەرەوەدا تۆمار کرا بێت، واتە: ﷲ زانیاری بەسەر هەمو شتێکی نهێنیدا هەیەو پێش لە بوونیشی لە (لەوحولەحفوز) یشدا تۆماری کردوە، جا ئەگەر سزاتان بۆ نەهاتوە تا ئێستا مانای بێ ئاگایی ﷲ نیە بەڵکو لای ئەو کاتی نەهاتوە.

(٧٦) بێگومان ئەم قورئانە بۆ نەوەی ئیسرائیل زۆربەی ئەو شتانەی کە ناکۆکیان تێدا هەیە باس دەکات. وەك عیسا کە جولەکە بوختیانی بۆ دەکەن‌و گاوریش زیادەڕەوی تێدا دەکەن‌و بە کوڕی خودا یان خودای سێیەمی دادەنێن.

(٧٧) جا بێگومان ئەم قورئانە ڕێنماییکەرو هۆی سۆزو خەیرە بۆ باوەڕداران.

وَإِنَّهُۥ لَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٧٧﴾ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُم
بِحُكْمِهِۦۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٧٨﴾ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِۖ إِنَّكَ عَلَى
ٱلْحَقِّ ٱلْمُبِينِ ﴿٧٩﴾ إِنَّكَ لَا تُسْمِعُ ٱلْمَوْتَىٰ وَلَا تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ
إِذَا وَلَّوْاْ مُدْبِرِينَ ﴿٨٠﴾ وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِي ٱلْعُمْيِ عَن ضَلَٰلَتِهِمْۖ إِن
تُسْمِعُ إِلَّا مَن يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨١﴾ ۞ وَإِذَا
وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَآبَّةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ
ٱلنَّاسَ كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ ﴿٨٢﴾ وَيَوْمَ نَحْشُرُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ
فَوْجًا مِّمَّن يُكَذِّبُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿٨٣﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُو
قَالَ أَكَذَّبْتُم بِـَٔايَٰتِي وَلَمْ تُحِيطُواْ بِهَا عِلْمًا أَمَّاذَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ
﴿٨٤﴾ وَوَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِم بِمَا ظَلَمُواْ فَهُمْ لَا يَنطِقُونَ ﴿٨٥﴾ أَلَمْ
يَرَوْاْ أَنَّا جَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِيَسْكُنُواْ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًاۚ إِنَّ فِي
ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٨٦﴾ وَيَوْمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ فَفَزِعَ
مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۚ وَكُلٌّ أَتَوْهُ
دَٰخِرِينَ ﴿٨٧﴾ وَتَرَى ٱلْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ ٱلسَّحَابِۚ
صُنْعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِيٓ أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍۚ إِنَّهُۥ خَبِيرٌۢ بِمَا تَفْعَلُونَ ﴿٨٨﴾

(٧٨) بێگومان پەروەردگارت بە دادپەروەری خۆی لەنێوانیاندا بڕیار دەدات خۆ ئەو هەر خۆیەتی بە توانایەو کەس ناتوانێت دژایەتی بکاتو لە دەستی دەرچێت، هەر خۆشیەتی زۆر زاناو ئاگادار بەو شتانەی کە ناکۆکیان تێیدا هەبوە.

(٧٩) سا تۆ پشت بە ﷲ ببەستە بێگومان تۆ لەسەر حەقێکی ئاشکرایت.

(٨٠) بێگومان کە تۆ ناتوانیت قسە بە مردوو ببیسێنیو ناتوانیت بە کەڕ هەر کاتێك پشتت تێ بکەنو بڕۆن قسە ببیسێنی.

(٨١) خۆ تۆ ناتوانیت بۆ کوێران ڕێنمونیکەر بیت تا لە گومڕایی ڕزگاریان بکەیتو بیانخەیتە سەر ڕێگای ڕاست، تۆ تەنها بەو کەسانە دەتوانیت ببیستێنی کە باوەڕ دەهێنن بە نیشانەکانمان، ئەوسا ئەوانیش موسڵمانن. ئەم کافرانە کە دڵیان مردووەو گوێیان بۆ بیستنی حەق کەڕەو چاوی بینینی ئەو هەمو بەڵگە ڕۆنەیان نیە، جا ڕێگای حەقو ڕاستیان وا لێ ون بوە کەکەس ناتوانێت بیانخاتە سەر ڕێگای ڕاست. ئینجا پەروەردگار باسی یەکێك لە نیشانەکانی دواڕۆژ دەکاتو دەفەرموێ:

(٨٢) جا هەر کاتێك ئەو بەڵێنە بەسەر ئەواندا هاتەجێ، لەم زەویەدا زیندەوەرێکیان بۆ دەردەهێنین کە قسەیان لەگەڵدا بکات و بڵێ: بەڕاستی خەڵك یەقینیان نیە بە نیشانەکانی ئێمە. هاتنی ئەم زیندەوەرە یەکێکە لە نیشانەکانی هاتنی قیامەت، حوزەیفەی کوڕی ئەسید وتی: پێغەمبەرﷺ هاتە ژورێك کە ئیمە لەوێدا بووینو باسی هاتنی قیامەتمان دەکرد، پێغەمبەرﷺ فەرموی:{إِنَّهَا لَنْ تَقُومَ حَتَّى تَرَوْنَ قَبْلَهَا عَشْرَ آيَاتٍ فَذَكَرَ الدُّخَانَ وَالدَّجَّالَ وَالدَّابَّةَ وَطُلُوعَ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا وَنُزُولَ عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَيَأَجُوجَ وَمَأْجُوجَ وَثَلَاثَةَ خُسُوفٍ خَسْفٌ بِالْمَشْرِقِ وَخَسْفٌ بِالْمَغْرِبِ وَخَسْفٌ بِجَزِيرَةِ الْعَرَبِ وَآخِرُ ذَلِكَ نَارٌ تَخْرُجُ مِنَ الْيَمَنِ تَطْرُدُ النَّاسَ إِلَى مَحْشَرِهِمْ/ الطبراني، صححه الالباني/ قیامەت نایەت هەتا دە نیشانە نەبینن دوکەڵ، دەجال، زیندەوەرێك، ئەوەی کە لێرەدا باسی هاتوە، ڕۆژ هەڵهاتن لە ڕۆژئاواوە، دەرچوونی عیسای کوڕی مەریەم، دەرچوونی یأجوجو مأجوج، سێ بە ناخداچونی زەوی، بە ناخداچوونێك لە ڕۆژهەڵاتەوەو بە ناخداچوونێك لە ڕۆژئاواوە، وە بە ناخداچوونێك لە نیوە دوورگەی عەرەبدا، وە کۆتای ئەوانە ئاگرێکە لە لاخواروی (یەمەنە)وە دەردەچێت کە بەرەو مەحشەر خەڵك پاڵ دەنێتو کۆیان دەکاتەوە}

(٨٣) جا باسی ڕۆژێك بکە کە ئێمە لە هەمو گەلێك پێرێك کۆ دەکەینەوە لەوانەی کە بێ باوەڕن بە نیشانەکانی ئێمە جا ئەوان دواو بەریان دەدرێنە یەكو پاشان پاڵ دەدرێن.

(٨٤) تا ئەو کاتەی کە دێنە جێگای پرسیارو وەڵام ﷲ بەوان دەفەرموێ: ئایا نکۆڵیتان کرد لە نیشانەکانی ئێمەو باوەڕتان پێ نەکرد لە کاتێکدا کە ئێوە هیچتان لێ نەدەزانین؟ ئایا ئێوە سەبارەت بەو فرمانانەی کەدامان بە سەرتاندا چیتان کرد؟ (٨٥) خۆ بەهۆی ستەمکردنیانەوە ئەو سزایەی کەبەڵێنیان پێدرابو هاتە سەریانوگرتنی ، جا ئیتر ئەوان نقەیان لێ براوەو دەنگیان لیوەنایەتو ناتوانن هیچ بڵێن.

(٨٦) ئایا نابینن کە ئێمە شەومان داناوە بۆیان تا لەناویدا بحەسێنەوەو ڕۆژیشمان کردوە بە ڕۆشنکەرەوە بۆ کارو کۆشش؟ بێگومان لەمەدا چەندین نیشانە هەیە لەسەر دەسەڵاتو سۆزو بەزەیی الله بۆ گەلێ کە باوەڕ دەکەن بەراستودروستی ئەم پەیامە. ئینجا پەروەردگار باسی چۆنیەتی هاتنی قیامەت بە کورتی دەکاتو دەفەرموێ:

(٨٧) ئەو ڕۆژەی کە لەلایەن ئیسرافیلەوە فوو بە کەڵەشاخدا دەکرێت، جا ئەوەی لەناو ئاسمانانو ئەوەی لەناو زەویدایە هەمویان ترسانو مردن، جگە لەوەی کە الله ویستی لە سەر ژیانی بو وەکو جبرەئیلو میکائیلو ئیسرافیلو فریشتەی مەئموری مراندن،
ئیبنو عەباس دەڵێت: ئەوانەی کە نامرن شەهیدانن کە لەلای پەروەردگاری خۆیان زیندونو ڕۆزیان پێ دەدرێت. ئەوسا هەمو زیندەوەرێك لەپاش زیندوبوونەوەی لە ڕۆژی قیامەت دا دێنە بەردەم دادگای الله بە ترسو لەرزەوە بەچاكو خراپەوە.

(٨٨) جا تۆ لەو كاتەدا چیاكان دەبینی پێت وایە كە ئەوان وەستاونو هیچ جوڵەیەكیان نیە لە كاتێكدا كە ئەوان هەروەكو هەور هاتوچۆ دەكەن تا بە ڕێزاڵ ڕێزاڵی دەكەونە سەر زەوی، پاشان وەكو خوری شیكراوەیان لێ دێتو دواتریش دەبن بە تۆزو بڵاو دەبنەوەو هەمو چاڵو چۆڵەكانی زەوییان پێ ساف دەكرێت. ئەمەیە دروستكراوی الله ئەو زاتەی كە هەمو شتێكی تەواوو ڕێكو پێك كردوە، بێگومان ئەو زاتە زۆر بە ئاگایە بەوەی كە ئێوە دەیكەن.

(٨٩) هەر كەسێك چاكەیەك بكات ئەوسا لە لای پەروەردگاری پاداشتی باشتر لەوەی بۆ هەیە، جا ئەوان لە مەترسی ئەو ڕۆژەش بێ ترسن.

(٩٠) خۆ هەر كەسێكیش بە باری خراپەوە بێتە بەردەم دادگای الله، ئەوسا بە سەر دەمو چاویدا دەخرێتە ناو ئاگرەوە، واتە: هەمو لەشی، بەڵام بۆیە ناوی دەمو چاو براوە، چونكە بەڕێزترین ئەندامی مرۆڤەو هەر پێنج هەستكەرەكەی بیستنو بینینو بۆنكردنو چەشتنو هەست بەساردیو گەرمیو زبری نەرمی كردنی پێوەیە،

مَنْ جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيْرٌ مِّنْهَا وَهُم مِّن فَزَعٍ يَوْمَئِذٍ ءَامِنُونَ ﴿٨٩﴾
وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَكُبَّتْ وُجُوهُهُمْ فِى ٱلنَّارِ هَلْ تُجْزَوْنَ
إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّمَآ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ رَبَّ هَٰذِهِ
ٱلْبَلْدَةِ ٱلَّذِى حَرَّمَهَا وَلَهُۥ كُلُّ شَىْءٍ ۖ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ
ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٩١﴾ وَأَنْ أَتْلُوَا۟ ٱلْقُرْءَانَ ۖ فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِى
لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن ضَلَّ فَقُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿٩٢﴾ وَقُلِ ٱلْحَمْدُ
لِلَّهِ سَيُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ فَتَعْرِفُونَهَا ۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٩٣﴾

سُورَةُ القَصَصِ ٢٨ — ٨٨

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

طسٓمٓ ﴿١﴾ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ نَتْلُوا۟ عَلَيْكَ
مِن نَّبَإِ مُوسَىٰ وَفِرْعَوْنَ بِٱلْحَقِّ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٣﴾ إِنَّ
فِرْعَوْنَ عَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ
طَآئِفَةً مِّنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَآءَهُمْ وَيَسْتَحْىِۦ نِسَآءَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ
مِنَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٤﴾ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟
فِى ٱلْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٥﴾

جا پێیان دەوترێت ئایا تۆڵەی هیچ شتێكتان لێ وەردەگیرێت جگە لە تۆڵەی ئەوكردارە خراپانەی كە كردوتانە؟ واتە: ستەمیان لێ ناكرێت و هەموكەس بەگوێرەی كردەی خۆی ڕەفتار لەگەڵ دا دەكرێت. ئینجا پەرومردگار بە پێغەمبەرەكەی ﷺ فرمان دەدات كە بڵێت:

(٩١) من تەنها فرمانم بەوە پێكراوە كە پەروەردگاری ئەم شارەی كە هەمو خراپەیەكی تێدا قەدەغە كردوە، بپەرستم، خۆ هەمو شتێك هەر موڵكی ئەوەو خۆی خاوەنی ڕاستەقینەیەتیو فەرمانم پێكراوە كە من لە موسڵمانان بم.

(٩٢) خۆ فەرمانیشم پێكراوە كە ئەم قورئانە بخوێنمەوە، جا هەر كەسێك ڕێنمایی وەرگرت، ئەوە تەنها سوودی ئەو ڕێنماییەی بۆ خۆیەتی، وە هەركەسێكیش گومڕا ببێت ئەویش هەر زیانی لە خۆی داوە، جا پێیان بڵێ: من تەنها ترسینەرێكم بۆ هەمو خەڵك جا هەر كەس باوەڕ دەكات خۆی قازانج دەكاتو هەركەسێكیش كە باوەڕ ناكات هەر خۆی ڕەنجەڕۆ دەبێت.

وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ وَنُرِيَ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا
مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَحْذَرُونَ ﴿٦﴾ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ
أَنْ أَرْضِعِيهِ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي ٱلْيَمِّ وَلَا تَخَافِي
وَلَا تَحْزَنِيٓ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٧﴾
فَٱلْتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا إِنَّ
فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا۟ خَٰطِـِٔينَ ﴿٨﴾
وَقَالَتِ ٱمْرَأَتُ فِرْعَوْنَ قُرَّتُ عَيْنٍ لِّي وَلَكَ لَا تَقْتُلُوهُ عَسَىٰٓ
أَن يَنفَعَنَآ أَوْ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدًا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٩﴾ وَأَصْبَحَ
فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَٰرِغًا إِن كَادَتْ لَتُبْدِي بِهِۦ لَوْلَآ أَن
رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠﴾ وَقَالَتْ
لِأُخْتِهِۦ قُصِّيهِ فَبَصُرَتْ بِهِۦ عَن جُنُبٍ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ
﴿١١﴾ ۞ وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَرَاضِعَ مِن قَبْلُ فَقَالَتْ هَلْ أَدُلُّكُمْ
عَلَىٰٓ أَهْلِ بَيْتٍ يَكْفُلُونَهُۥ لَكُمْ وَهُمْ لَهُۥ نَٰصِحُونَ ﴿١٢﴾
فَرَدَدْنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَلِتَعْلَمَ
أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٣﴾

(٩٣) ئینجا بلّێ: سوپاس بۆ اللّٰه كه هیچ كه‌سێك سزا نادات تا بەهانەی نەبڕێت، بەم زوانەش بەڵگەكانی خۆیتان پیشان دەدات، جا ئەو كاتە دەیاننناسن خۆ پەروەردگارت بێ ئاگا نیە لەوەی كە ئێوە دەیكەن.

(٢٨) سورەتی قەصەص (٨٨)

سورەتی قەصەص سورەتی بیستوهەشتەمی قورئانە، لە مەكەدا هاتوەتە خوارەوە، هەشتاو هەشت ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی چلونۆهەمەو پاش سورەتی (النمل)و پێش (الإسراء) دابەزیوە.

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) تا، سین، میم. اللّٰه هەرخۆی دەزانێ چی مەبەستە

(٢) ئەمە نیشانەكانی ئەم پەرتوكە ڕۆشنكەرەوەیە، بۆ هەمو ئەوشتانەی كە بەندەكان پێویستیانە.

(٣) هەندێك لە بەسەرهاتی موساو فیرعەون بۆ مەبەستێكی راستو دروست بەسەرتا دەخوێنینەوە تا ببێت بەپەندو ئامۆژگاری بۆ گەلێك كە باوەڕ دەهێنێت.

(٤) داستانەكەشی بەم شێوەیە كە: بێگومان فیرعەون زاڵ بو بەسەر ناوچەی میسرداو لە خۆ بایی ببوو خەڵكی ئەو وڵاتەی كرد بە چەند بەشەوە. كەتاقمێك لەوان كە نەوەی ئیسرائیل بوون لاواز دەكات، كە كوڕەكانیان سەر دەبڕێتو واز لە كچەكانیان دەهێنێت بۆ خزمەت پێ كردنو پێ ڕابواردنیان بەڕاستی ئەو لە خراپە كێڵان بوو. بەڵێ بەش بەشی هەر گەلو هۆزوماڵێك هۆی لەناوچونی ئەو گەلو هۆزو ماڵەیەو ستەمكاران لە كۆنەوە ئەو سیاسەتەیان پەیڕەو كردوە، قسەیەكی بەناوبانگە "فَرِّقْ تَسُدْ/ واتە: بەش بەشی دروست بكە دەبیت بە گەورە" هەر بۆیە ئیسلامیش بە پێچەوانەوە بۆ بەهێز بونی گەلو نەتەوە داوای یەك دەستیو یەك دڵیو یەك پارچەیی دەكاتو بێزارە لەدووبەرەكیوبەش بەشی.

(٥) جا ئێمە دەمانەوێت منەت بخەینە سەر ئەو كەسانەی كە لەناو زەویدا بێ دەستو لاوازكراون، واتە: نەوەی ئیسرائیل، وە بیانكەین بە پێشەواو بیانكەین بە جێ نشینی ئەو گەلە ستەمكارە تا دەركەوێت كە ئەوانیش چۆن رەفتار دەكەن.

(٦) ئەوسا لەو زەوی میسردا جێگیرو بەهێزیان بكەین، جا پیشانی فیرعەونو هامانو سەربازەكانیا بدەین ئەوەی كە ئەوان لێی دەترسان كە لە ناوچونیان بو بە دەستی پیاویك لە نەوەی ئیسرائیل. جا دایكی موسامان تێگەیاند كە شیری بدەرێو هەر كاتێك لێی ترسایت كە پێی بزانن ئەو كاتە فڕەیی بدە ناو دەریای نیلەوە.

(٧) جا هیچ مەترسەو خەمیش مەخۆ چونكە بەڕاستی ئێمە دەیگەڕێنینەوە بۆ لای خۆتو دەیكەین بە یەكێك لە پێغەمبەران، جا دایكی موسا كاتێك ترسی بۆ پەیدا بو كۆرپەو جگەرگۆشەكەی خۆی هاوێشتە ناو دەریای (نیل)ـەوە. ئەوسا ئالی فیرعەونیش لە ناو دەریای (نیل)دا دۆزیانەوەو هەڵیان گرتەوە، تا سەرەنجام ببێت بە دوژمنو هۆی داخو مەینەتیان.

(٨) بۆیە ئاوا تۆڵەیان لێ دەكەینەوە، چونكە بێگومان فیرعەونو هامانو سەربازەكانیان تاوانبار بون، سەر ئەنجام لەسەر دەستی ئەو منالە هەمویان لەناوچون.

(٩) وا دیارە کاتێ لەناو دەریادا دۆزیانەوە فیرعەون بڕیاری کوشتنی داوە، بەڵام ژنی فیرعەون وتی: چاو ڕۆشنکەرەوەیەکە بۆمنو بۆ تۆ، مەیکوژن بەڵکو سوودێکمان پێ بدات یان بیکەین بە کوڕی خۆمان، خۆ ئەوان نەیاندەزانی کە کێیەو سەرئەنجامی ئەوان لەگەڵ ئەودا چی دەبێت.

(١٠) جا دایکی موسا پاش فڕەدانی ئەو کۆرپەیە هۆشی لا نەماو هەر لە بیری موسای کوڕیدا بوو بەڕاستی خەریك بوو ئەم بەسەرهاتە بدرکێنێت ئەگەر ئێمە دڵمان بتەو و سەقامگیر نەکردایە، تا بەم شێوەیە ببێت بە یەکێك لە باوەڕداران بە هاتنەدی بەڵێنەکانی ﷲ، تەنانەت ئەوەندە بێ تاقەتی بو کچێکی نارد کە دوور بەدووری بڕواتو ئاگای لێ بێت.

(١١) جا بەو خوشکەی موسای وت: پێ بە پێ بەدوایدا بڕۆو چاوت لێی بێت لە دوورەوە بە شێوەیەك کە ئەوان هەستت پێ نەکەن، جا ﷲ چۆنیەتی گەڕانەوەکەیمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(١٢) ئەوسا مەمکی هەمو شیردەرێکمان لەو منداڵە قەدەغە کرد پێش ئەوەی بێتەوە لای دایکی، جا خوشکەکەی لێی چوە پێشەوەو بە دەستو پێوەندی فیرعەونی وت: ئایا دەتانەوێتماڵێکتان پێ نیشان بدەم کە بەخێوی بکات بۆتانو چاودێریکەرێکی باشیشبێ بۆی؟ جا ئەوانیش پاش لێکۆڵینەوەیەك ناردیان بە شوێن ئەو شیردەرەدا کە دایکی خۆی بوو، ئەوسا ئەویش هاتو کاتێك گرتیە باوەشیو مەمکی پێدا مەمکەکەی گرت، دیارە پاش لێکۆڵینەوەیەکیش لەو ڕازی بوون کە لە ماڵی فیرعەوندا مەمکی پێ بدات بەڵام ئەو ئافرەتە ڕازی نەبوو مێردو ماڵی خۆی بەجێ بهێڵێتو وتی: پێم خۆشە لە ماڵی خۆمدا مەمکی پێ بدەم ئەوانیش چونکە کەسێکی تریان دەست نەکەوت کە ئەو منداڵە مەمکی بگرێت دایەنەوە دەستی.

(١٣) جا ئێمە گەڕاندمانەوە بۆ لای دایکی تا چاوی بەو ڕۆشن ببێتەوەوخەم نەخوات، وە تا بیشزانێت کە بێگومان

وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسۡتَوَىٰٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗاۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي
ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٤﴾ وَدَخَلَ ٱلۡمَدِينَةَ عَلَىٰ حِينِ غَفۡلَةٖ مِّنۡ أَهۡلِهَا
فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيۡنِ يَقۡتَتِلَانِ هَٰذَا مِن شِيعَتِهِۦ وَهَٰذَا مِنۡ عَدُوِّهِۦۖ
فَٱسۡتَغَٰثَهُ ٱلَّذِي مِن شِيعَتِهِۦ عَلَى ٱلَّذِي مِنۡ عَدُوِّهِۦ فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ
فَقَضَىٰ عَلَيۡهِۖ قَالَ هَٰذَا مِنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِۖ إِنَّهُۥ عَدُوّٞ مُّضِلّٞ مُّبِينٞ
﴿١٥﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّي ظَلَمۡتُ نَفۡسِي فَٱغۡفِرۡ لِي فَغَفَرَ لَهُۥٓۚ إِنَّهُۥ هُوَ
ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦﴾ قَالَ رَبِّ بِمَآ أَنۡعَمۡتَ عَلَيَّ فَلَنۡ أَكُونَ
ظَهِيرٗا لِّلۡمُجۡرِمِينَ ﴿١٧﴾ فَأَصۡبَحَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ خَآئِفٗا يَتَرَقَّبُ فَإِذَا
ٱلَّذِي ٱسۡتَنصَرَهُۥ بِٱلۡأَمۡسِ يَسۡتَصۡرِخُهُۥۚ قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰٓ إِنَّكَ لَغَوِيّٞ
مُّبِينٞ ﴿١٨﴾ فَلَمَّآ أَنۡ أَرَادَ أَن يَبۡطِشَ بِٱلَّذِي هُوَ عَدُوّٞ لَّهُمَا قَالَ
يَٰمُوسَىٰٓ أَتُرِيدُ أَن تَقۡتُلَنِي كَمَا قَتَلۡتَ نَفۡسَۢا بِٱلۡأَمۡسِۖ إِن تُرِيدُ إِلَّآ
أَن تَكُونَ جَبَّارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا تُرِيدُ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلۡمُصۡلِحِينَ ﴿١٩﴾
وَجَآءَ رَجُلٞ مِّنۡ أَقۡصَا ٱلۡمَدِينَةِ يَسۡعَىٰ قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ ٱلۡمَلَأَ
يَأۡتَمِرُونَ بِكَ لِيَقۡتُلُوكَ فَٱخۡرُجۡ إِنِّي لَكَ مِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٢٠﴾
فَخَرَجَ مِنۡهَا خَآئِفٗا يَتَرَقَّبُۖ قَالَ رَبِّ نَجِّنِي مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢١﴾

بەڵێنی ﷲ ڕاستەو دێتە دی بەڵام زۆربەی ئەوان نازانن کە حەقو ڕاستی کامەیە، ئەو منداڵە تا گەورە بوو لەناو ئاسایشو خۆشی لە لای ماڵی خۆی ژیانی بە سەر برد، جا کاتێك لە شیر بڕایەوە هاتەوە ناو خێزانی فیرعەونو بە خۆشیو شادمانی دەژیا.

(١٤) جا کاتێك بەهێز بوو بووبە گەنجێکی تەواو ئێمە داناییو زاناییمان پێدا، خۆ هەر ئاوەها پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە.

(١٥) جا لەو کاتەی کە شار قەرەباڵغ نەبوە چووەتە ناو شارەوە بینی لەناو شاردا دوو پیاو شەڕیانە یەکێکیان لە ڕەگەزی خۆیو ئەوەی تریان لە ڕەگەزی دوژمنەکانی بوو، جا ئەوەی کە لە ڕەگەزی خۆی بوو داوای یارمەتی لە موسا کرد دژی ئەوەی کە لە دوژمنانی بوو، ئەوسا موساش مشتە کۆڵەیەکی پیا کیشا وکابرای کوشت بە بێ ئەوەی مەبەستی کوشتنی هەبێت، موسا وتی: ئەمە لە کرداری شەیتان بو بێگومان ئەو دوژمنێکی گومڕاکەری ئاشکرایە.

وَلَمَّا تَوَجَّهَ تِلْقَآءَ مَدْيَنَ قَالَ عَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يَهْدِيَنِي سَوَآءَ
ٱلسَّبِيلِ ﴿٢٢﴾ وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِّنَ
ٱلنَّاسِ يَسْقُونَ وَوَجَدَ مِن دُونِهِمُ ٱمْرَأَتَيْنِ تَذُودَانِ
قَالَ مَا خَطْبُكُمَا قَالَتَا لَا نَسْقِي حَتَّىٰ يُصْدِرَ ٱلرِّعَآءُ وَأَبُونَا
شَيْخٌ كَبِيرٌ ﴿٢٣﴾ فَسَقَىٰ لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ فَقَالَ
رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ ﴿٢٤﴾ فَجَآءَتْهُ إِحْدَىٰهُمَا
تَمْشِي عَلَى ٱسْتِحْيَآءٍ قَالَتْ إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ
أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا فَلَمَّا جَآءَهُۥ وَقَصَّ عَلَيْهِ ٱلْقَصَصَ قَالَ
لَا تَخَفْ نَجَوْتَ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٥﴾ قَالَتْ إِحْدَىٰهُمَا
يَٰٓأَبَتِ ٱسْتَـْٔجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ ٱسْتَـْٔجَرْتَ ٱلْقَوِيُّ ٱلْأَمِينُ
﴿٢٦﴾ قَالَ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَنْ أُنكِحَكَ إِحْدَى ٱبْنَتَيَّ هَٰتَيْنِ عَلَىٰٓ أَن
تَأْجُرَنِي ثَمَٰنِيَ حِجَجٍ فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْرًا فَمِنْ عِندِكَ
وَمَآ أُرِيدُ أَنْ أَشُقَّ عَلَيْكَ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ
ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٢٧﴾ قَالَ ذَٰلِكَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ أَيَّمَا ٱلْأَجَلَيْنِ
قَضَيْتُ فَلَا عُدْوَٰنَ عَلَيَّ وَٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ ﴿٢٨﴾

(١٦) وتی: ئەی پەروەردگارم بەڕاستی من ستەمم لە خۆم کرد دەسا لێم ببورە جا پەروەردگاری چاوپۆشی لێکرد، بەڕاستی ئەو زۆر لێبوردەو بە بەزەییە.

(١٧) وتی: ئەی پەروەردگارم لە بەرامبەر ئەو نیعمەتەی بە منت داوە بەڵێن بێت منیش هەرگیز نەبم بە پاڵپشتی تاوانبار.

(١٨) ئیتر لەناو شاردا دەترساو چاوەڕێی ڕوودانی شتی دەکرد لەسەر کابرای کوژراو، جا لەو کاتەی کە بەناو شاردا دەگەڕا کەچی ئەو پیاوەی کە دوێنێ یارمەتی داو لەسەر ئەو، ئەو پیاوەی کوشت دیسان هاواری بۆ هێنایەوە کە لەگەل یەکێکی تردا بە دەمەقاڵە هاتبوو موسایش پێی وت: بەڕاستی تۆ شەڕ فرۆشێکی ئاشکرای.

(١٩) جا کاتێك کە ویستی لەو کەسە بدات کە دوژمنی هەردووکیان بوو، کابرای شەڕ فرۆش وای زانی موسا دەیەوێت لەو بدات بەبۆنەی قسەکەیەوە کە پێی وتبوو: تۆ شەڕ فرۆشی. وتی: ئەی موسا تۆ دەتەوێ بمکوژیت وەکو دوێنێ کەسێکی ترت کوشت؟ تۆ دەتەوێت ملهوڕێك بیت لەم زەوییەداو ناتەوێت لە ئاشتیخوازان بیت، جا ئەم هەواڵە گەیشتەوە فیرعەون کە کوژرانی پیاوەکەی دوێنێ بە دەست موسا بووە، بۆیە زۆر ڕقی هەستاو بڕیاری کوشتنی داو ناردی بە شوێنیدا.

(٢٠) جا پیاوێك لەو سەری شارەوە بە هەڵەدەوان هاتو وتی: ئەی موسا بەڕاستی پیاوانی دەربار خەریکی پیلان نانەوەو ڕاوێژن بۆ ئەوەی کە بتکوژن، جا زوو لێرە دەرچوە بێگومان کە من ئامۆژگاریکەرێکی دڵسۆزم بۆت.

(٢١) جا ئەویش لەو شارە بە ترسەوە بەوریاییەوە کە نەك دووچاری شتێ ببێت دەرچوو ، ئەوسا وتی: ئەی پەروەردگارم لەم گەلە ستەمکارە ڕزگارم بکە.

(٢٢) خۆ لە کاتێکیشدا کە ڕووی کردە (مەدیەن) وتی: نزیکە کە پەروەردگارم ڕێنماییم بکات بۆ سەر ڕێگای ڕاست. واتە: لە ڕەحمو میهرەبانی خوا نائومێد نەبوم.

(٢٣) جا لەو کاتەدا کە گەیشتە ئاوی (مەدیەن) بینی کە کۆمەڵێك لەو خەڵکە ئاو دەردەهێنن بۆ ئاودانی مەڕو ماڵاتەکانیانو دوو ئافرەتیشی بینی کە مەڕو ماڵاتی خۆیان دور دەخەنەوە لەو خەڵکە، جا موسا پێی وتن: ئەوە چیە ئێوە نایەنە ناوئەو خەڵکەوەو مەڕو ماڵاتی خۆتان ئاو بدەن؟ وتیان: ئێمە مەڕو ماڵاتمان ئاو نادەین تا ئەم شوانانە لەسەر ئاوەکە دەرنەچنو نەڕۆن، وە باوکی ئێمە پیرێکی گەورەیەو خۆی توانای ئەم ئیشەی نیە بۆیە ئێمەی ئافرت هەستاوین بەئەنجامدانی ئەم ئیشە.

(٢٤) جا موسا مەڕو ماڵاتەکەی بۆ ئاودانو پاشان پشتی تێکردنو چووە ژێر سێبەرێكو دەستی بە ڕازو نیاز کرد لەگەڵ پەروەردگاری خۆی داو وتی: ئەی پەروەردگارم بێگومان من نیازمەندی هەر چاکەیەکم کە بۆم بنێریت.

(٢٥) جا یەکێك لەو دوو ئافرەتە بە حەیاو شەرمەوە ڕێی دەکرد هاتە لای و وتی: باوکم بانگت دەکات تا پاداشتی ئەو ئاودانەت بداتەوە، جا کاتێك هاتە لای و داستانەکەی خۆی بۆ باسکرد،پێی وت: مەترسە تۆ ئیتر لەو گەلە ستەمکارە ڕزگارت بووە.

فَلَمَّا قَضَىٰ مُوسَى ٱلْأَجَلَ وَسَارَ بِأَهْلِهِۦٓ ءَانَسَ مِن جَانِبِ
ٱلطُّورِ نَارًا قَالَ لِأَهْلِهِ ٱمْكُثُوٓا۟ إِنِّىٓ ءَانَسْتُ نَارًا لَّعَلِّىٓ ءَاتِيكُم
مِّنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ جَذْوَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ
﴿٢٩﴾ فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِىَ مِن شَٰطِئِ ٱلْوَادِ ٱلْأَيْمَنِ فِى ٱلْبُقْعَةِ
ٱلْمُبَٰرَكَةِ مِنَ ٱلشَّجَرَةِ أَن يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّىٓ أَنَا ٱللَّهُ رَبُّ
ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٠﴾ وَأَنْ أَلْقِ عَصَاكَ ۖ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا
جَآنٌّ وَلَّىٰ مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ ۚ يَٰمُوسَىٰٓ أَقْبِلْ وَلَا تَخَفْ ۖ إِنَّكَ
مِنَ ٱلْءَامِنِينَ ﴿٣١﴾ ٱسْلُكْ يَدَكَ فِى جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَآءَ مِنْ
غَيْرِ سُوٓءٍ وَٱضْمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنَ ٱلرَّهْبِ ۖ فَذَٰنِكَ
بُرْهَٰنَانِ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦٓ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟
قَوْمًا فَٰسِقِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّى قَتَلْتُ مِنْهُمْ نَفْسًا فَأَخَافُ
أَن يَقْتُلُونِ ﴿٣٣﴾ وَأَخِى هَٰرُونُ هُوَ أَفْصَحُ مِنِّى لِسَانًا
فَأَرْسِلْهُ مَعِىَ رِدْءًا يُصَدِّقُنِىٓ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ ﴿٣٤﴾
قَالَ سَنَشُدُّ عَضُدَكَ بِأَخِيكَ وَنَجْعَلُ لَكُمَا سُلْطَٰنًا فَلَا
يَصِلُونَ إِلَيْكُمَا ۚ بِـَٔايَٰتِنَآ أَنتُمَا وَمَنِ ٱتَّبَعَكُمَا ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٣٥﴾

(٢٦) یەکێك لەو دوو ئافرەتە وتی: ئەی باوکی خۆم بەکرێی بگرە بەڕاستی باشترین کەسێك کە تۆ بەکرێی بیگریت ئەم پیاوە بەهێزو دەستو دەم پاکەیە.

(٢٧) وتی: بێگومان من دەمەوێت یەکێك لەو دوو کچانەم مارە بېڕم لێت لەسەر ئەوەی کە هەشت ساڵ شوانیم بۆ بکەیت، جا ئەوسا ئەگەر ویستت دە ساڵ تەواو بکەیت پیاوەتییەکەو خۆت دەیکەیتو ئەگەر خوا ئارەزۆی لێ بێت من نامەوێت ئەزیەتت بدەم کە بەم زوانەش بۆت دەردەکەوێت کە لەسەر راستانم لە گەلتا وهیچ بڕوبیانویەکت پێ ناگرم.

(٢٨) موسا وتی: ئەوە بڕیارێکە لەنێوان منو تۆدا ئەوسا کامیانم لەو دوو ماوەیە تەواوکرد با ناحەقیم پێ نەکرێت، ئەوسا اللهیش شایەتە لەسەر ئەوەی کە دەیلێین.

(٢٩) جا موسا ئەو ماوەیەی کە بڕیاریان لە سەر دابو تەواوکرد، ئەو کاتە بە شەو لەگەڵ خێزانو دەستو پێوەندی بەرەو میسر ڕۆیشتن لە کێوی (تور)ەوە ئاگرێکی بینیو پێی وتن: لێرەدا بوەستن من ئاگرێکم بەرچاو کەوت بەو هیوایەوە کە لە لای ئەو ئاگرە هەواڵێکی ڕێگاتان بۆ بهێنم یان دەستەوارەیەك لەو ئاگرەتان بۆ بهێنم بەڵکو خۆتانی پێ گەرم بکەنەوە.

(٣٠) جا کاتێك هاتە لای ئەو ئاگرەی کە بینی بووی، لەلای ڕاستی شیوەکەدا لەو پارچە پیرۆزەدا لەو درەختەوە بانگ کرا کە ئەی موسا بەڕاستی من اللهم پەروەردگاری جیهانیان.

(٣١) دەی عەساکەت فڕەبدە جا کە فڕەیدا دی کە عەساکەی وەك مار دەجووڵێت موسا پشتی تێکردو ڕای کردو هیچ ئاوڕێکی بۆ نەدایەوە جا بانگ کرا: ئەی موسا بگەڕێرەوە بۆلایو مەترسە بەڕاستی تۆ لەو بێ ترسانەیت کە هیچ زیانیان پێ ناگات.

(٣٢) دەستت بخەرە باخەڵتەوە کە دەرت هێنا سپییەکی بێگەردە، وە بۆ نەمانی ئەو ترسە دەستی خۆت بخە سەر سینگت، جا فەرموی: ئەوە دوو بەڵگەن لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆ فیرعەونو ئەشرافیانی دەوروبەری بێگومان ئەوان لە خراپەو تاواندا گەلێکی لە سنور دەرچوون.

(٣٣) موسا وتی: ئەی پەروەردگارم بەڕاستی من یەکێکم لەوان کوشتوەو دەترسم لەباتی ئەودا بمکوژنەوە،

(٣٤) خۆ هارونی برام لە من زمانی پاراوترە سا ئەویش لەگەل مندا ڕەوانە بکە کە پاڵپشتم بێتو قسەکانم بسەلمێنێت چونکە بێگومان من دەترسم کە ئەوان بە درۆم بخەنەوە، جا کاتێك ئەم داوایەی کرد پەروەردگار وەڵامی دایەوە،

(٣٥) فەرموی: بەم زووانە بە هۆی براکەتەوە بەهێزت دەکەینو هیزێکی بتەوی واتان پێ دەدەین کە توانایان نەبێت دەست درێژی بکەنە سەرتان، بڕۆن بۆ لای فیرعەون بەبەڵگەکانی ئێمە، بەدڵنیاییەوە ئێوەو ئەوانەی کە پەیرەویتان دەکەن سەردەکەون.

فَلَمَّا جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا بَيِّنَٰتٖ قَالُواْ مَا هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ
مُّفۡتَرٗى وَمَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٣٦﴾ وَقَالَ
مُوسَىٰ رَبِّيٓ أَعۡلَمُ بِمَن جَآءَ بِٱلۡهُدَىٰ مِنۡ عِندِهِۦ وَمَن تَكُونُ
لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٣٧﴾ وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ
يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي فَأَوۡقِدۡ
لِي يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجۡعَل لِّي صَرۡحٗا لَّعَلِّيٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ
إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٣٨﴾ وَٱسۡتَكۡبَرَ
هُوَ وَجُنُودُهُۥ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ إِلَيۡنَا
لَا يُرۡجَعُونَ ﴿٣٩﴾ فَأَخَذۡنَٰهُ وَجُنُودَهُۥ فَنَبَذۡنَٰهُمۡ فِي
ٱلۡيَمِّۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾
وَجَعَلۡنَٰهُمۡ أَئِمَّةٗ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلنَّارِۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ
لَا يُنصَرُونَ ﴿٤١﴾ وَأَتۡبَعۡنَٰهُمۡ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا لَعۡنَةٗۖ
وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ هُم مِّنَ ٱلۡمَقۡبُوحِينَ ﴿٤٢﴾ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا
مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ مِنۢ بَعۡدِ مَآ أَهۡلَكۡنَا ٱلۡقُرُونَ ٱلۡأُولَىٰ
بَصَآئِرَ لِلنَّاسِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لَّعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٤٣﴾

(٣٦) جا له كاتێكدا كه موسا به بەڵگه ڕۆشنەكانی ئێمه هاته لایان وتیان: ئەمه جگه له جادوویەكی هەڵبەستراو شتێكی تر نیه،خۆ ئێمه شتی وامان لەناو باوباپیرانی پێشوماندا نەبیستوه.

(٣٧) ئەوسا موسا وتی: پەروەردگارم باشتر دەزانێت بەو كەسەی كه به ڕێنمایی لەلایەن ئەوەوه هاتوه، وه دەزانێت سەر ئەنجامی ئەو ماڵه خۆشەی قیامەت بۆ كێیه بێگومان بڕیاریش هەرئەوەیه كه ستەمكاران سەركەوتو نابن.

(٣٨) جا فیرعەون وتی: ئەی بەرێزانی دەربار جگه له خۆم هیچ خوایەكی تر شك نابەم بۆ ئێوه جا ئادەی هامان كەرپوچم بۆ دروست بكه، جا باڵەخانەیەكی بەرزم بۆ ساز بكه بەڵكو لەوێوه هەواڵێكی خوای موسا بزانم! خۆ بێگومان من پێم وایه كه موسا له درۆزنانه.

(٣٩) ئەو خۆیو سەربازەكانی به ناحەق لەم زەوییەدا خۆیان به گەوره دەزانی و وایان گومان دەبرد كه ناگەڕێنرێنەوه بۆ لای ئێمه.

(٤٠) جا ئێمه خۆیو سەربازەكانیمان گرتو فڕێماندانه ناو دەریاوه تەنها لەنیو ڕۆژدا هەموویان خنكێنران. جا ئا لێرەدا تەماشا بكەنو وردببنەوه كه سەرئەنجامی ستەمكاران چۆن بوو؟

(٤١) ئەوسا ئەوانمان كرد به پێشەوا كه بانگ بكەن ئەو كەسانەی كه دوایان دەكەون بۆ لای ئاگر، جا ڕۆژی قیامەتیش یارمەتی نادرێن. ئای لەو گاڵته پێكردنه، تۆ له دنیادا پێشەوا بیت بۆ بانگ كردنی خەڵك بۆ ناو ئاگر كەچی له قیامەتیشدا كاتێك سزا دەدرێن هیچ كەسێكیش به هاناتانەوه نایەت! ئەی كوا گەورەو پێشەواكەت؟

(٤٢) خۆ هەر لەم دنیادا نەفرینمان بەشوێن خستنو له ڕۆژی قیامەتیشدا له خوێن تاڵو ڕووڕەشانن. ئینجا پەروەردگار باسی ئەو نیعمەته گەورەی خۆی دەكات كه دای به موسا پاش لەناوبردنی فیرعەونو دەفەرموێ:

(٤٣) پاش ئەوەی كه خەڵكانی پێش ئەوانمان لەناوبردن ئێمه تەوراتمان به موسا دا كه چاو ڕۆشنكەرەوه بێت بۆ خەڵكو ڕێنمایكەرو بەرەكەتێك بێ تا بەڵكو ئەوانیش بیربكەنەوەو بەو هۆیەوه خۆشبەختو چاوساغانه بژین. دیاره پێغەمبەری ئازیزمانﷺ لەم ڕووداوو به سەر هاتانه كەباس كرا لەپێشدا شتێكی نەدەزانی، بۆیه دەفەرموێ:

(٤٤) خۆ تۆ له تەنیشتی چەپی ئەو شیوه نەبویت كه ئێمه لەلای ڕاستیەوه وەحیمان كرده لای موساو لەوێش ئاماده نەبوویت كه ئیستا ئەو بەسەر هاتانەیان بۆ بگێڕیتەوه.

وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ ٱلۡغَرۡبِيِّ إِذۡ قَضَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَى ٱلۡأَمۡرَ وَمَا كُنتَ
مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ (٤٤) وَلَٰكِنَّآ أَنشَأۡنَا قُرُونٗا فَتَطَاوَلَ عَلَيۡهِمُ
ٱلۡعُمُرُۚ وَمَا كُنتَ ثَاوِيٗا فِيٓ أَهۡلِ مَدۡيَنَ تَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ
ءَايَٰتِنَا وَلَٰكِنَّا كُنَّا مُرۡسِلِينَ (٤٥) وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ
ٱلطُّورِ إِذۡ نَادَيۡنَا وَلَٰكِن رَّحۡمَةٗ مِّن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوۡمٗا
مَّآ أَتَىٰهُم مِّن نَّذِيرٖ مِّن قَبۡلِكَ لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ (٤٦)
وَلَوۡلَآ أَن تُصِيبَهُم مُّصِيبَةُۢ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ فَيَقُولُواْ
رَبَّنَا لَوۡلَآ أَرۡسَلۡتَ إِلَيۡنَا رَسُولٗا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ وَنَكُونَ
مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ (٤٧) فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ مِنۡ عِندِنَا قَالُواْ
لَوۡلَآ أُوتِيَ مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ مُوسَىٰٓۚ أَوَلَمۡ يَكۡفُرُواْ بِمَآ أُوتِيَ
مُوسَىٰ مِن قَبۡلُۖ قَالُواْ سِحۡرَانِ تَظَٰهَرَا وَقَالُوٓاْ إِنَّا بِكُلّٖ كَٰفِرُونَ
(٤٨) قُلۡ فَأۡتُواْ بِكِتَٰبٖ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ هُوَ أَهۡدَىٰ مِنۡهُمَآ أَتَّبِعۡهُ
إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ (٤٩) فَإِن لَّمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَكَ فَٱعۡلَمۡ
أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهۡوَآءَهُمۡۚ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيۡرِ
هُدٗى مِّنَ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٥٠)

(٤٥) بەڵکو ئێمە خەڵکی زۆرمان هێنایە سەر زەویو تەمەنیشیان زۆر بوو، جا کاتێك کە ئێمە تۆمان کرد بە پێغەمبەر خەڵك لەم باسو خواسە شتێکیان نەدەزانی جا تۆ لە ناو خەڵکی (مەدیەن)یشدا نەبوویت کە موسا چوە ناویانو شوانی کردو ژنی هێناو گەڕایەوە، کەچی نیشانەکانی ئێمەیان بە سەردا دەخوێنیتەوەو باسی ئەو ڕۆداوانەیان بۆ دەگێڕیتەوە بەڵکو ئێمەین ڕەوانەکەری پێغەمبەرانو تێگەیەنەرو پێگەیەنەریان. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی گرنگە لەسەر ڕاستی پێغەمبەرایەتی محمدی نەخوێندەوار ﷺ.

(٤٦) جا تۆ لەلای کێوی (تور)یش نەبوویت کاتێك کە موسا هاتو تەوراتی وەرگرت بەڵام ئەمە بەزەییو سۆزێکە لەلایەن پەروەردگارتەوە تا تۆ گەلێك کە پێش تۆ هیچ ترسێنەرێکیان بۆ نەهاتوە لە سزای دوارۆژ بترسێنی بەڵکو بیر بکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری وەربگرن.

(٤٧) جا ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کەئەگەر دوچاری سزایەك بەهۆی بەد ڕەفتاری خۆیانەوە ببونایە ئەوسا بڵێن: ئەی پەروەردگارمان ئەی تۆ بۆچی پێغەمبەرێکت بۆ ئێمە نەنارد تا پەیڕەوی نیشانەکانت بکەینو لەو کەسانەی بین کە باوەڕدارن، سزامان زوو بۆدەناردن؟

(٤٨) جا کاتێك لەلایەن ئێمەوە بە ناردنی تۆ حەقو ڕاستیان پێ گەیشت وتیان: دەبا وەکو ئەوەی کەدرا بە موسا بدرایە بە ئێمەش، جا پەروەردگار بە دەمیان دەداتەوەو دەفەرموێ: ئایا لە پێش ئەم قورئانەیشدا بێ باوەڕ نەبوون بەوەی کە درابو بە موسا، دەیان وت: موساو هارون دوو جادووگەرنو پاڵپشتی یەکترنو وتیان: ئێمە بێ باوەڕین بە هەمویان.

ئیبنو کەسیر دەڵێت: بێ ملەجەڕە لەلای هەمو خاوەن عەقڵەکان زانراوە کە ﷲ لە ئاسمانەوە لە ناو ئەو پەڕاوانەی کە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەران تەواوترو هەمە لایەنە ترو ڕەوانترو گەورەترو بەڕێزتری لەو پەڕاوەی کە ناردویەتی بۆ محمدﷺ کە قورئانە نەناردوە، وە پاش ئەو لە ڕێزو گەورەیەتیدا ئەو پەڕاوەیە کە ناردویەتی بۆ موسای کوڕی عیمران عليه السلام کە تەوراتە،خۆ ئینجیلی ڕەوانە کراوی لای عیسایش عليه السلام تەواکەری تەوراتەو حەڵاڵکەری هەندێك لەوانەیە کە لەسەر نەوەی ئیسرائیل (یەعقوب) حەرام کرا بوو. بۆیە دەفەرموێ:

(٤٩) بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن لەلایەن ﷲوە پەڕاوێکم بۆ بهێنن کە چاکتر لەم دووانە (تەوراتو قورئان) ڕێ پیشاندەرتر بێت منیش دوای دەکەومو پەیڕەوی دەکەم.

(٥٠) ئەوسا ئەگەر وەڵامیان نەدایتەوەو پەیڕەوییان نەکردیت، دەی چاك بزانە کە ئەوان هەر پەیڕەوی ئارەزۆی خۆیان دەکەنو هیچ بەڵگەیەکیان نیە، جا کێیە گومڕاو سەر لێ شێواوتر لەو کەسەی کە بەبێ ڕێنمایی لەلایەن ﷲوە پەیڕەوی لە ئارەزۆی خۆی بکات؟ ئەوانە بەڕاستی ستەمیان لە خۆیان کردوە، بێگومان کەﷲ گەلانی ستەمکار ناگەیەنێ بەسەرفەرازیو بەختەوەری.

وَلَقَدْ وَصَّلْنَا لَهُمُ ٱلْقَوْلَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٥١﴾ ٱلَّذِينَ
ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِهِۦ هُم بِهِۦ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾ وَإِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ
قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِهِۦٓ إِنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّنَآ إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلِهِۦ مُسْلِمِينَ ﴿٥٣﴾
أُوْلَٰٓئِكَ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُم مَّرَّتَيْنِ بِمَا صَبَرُواْ وَيَدْرَءُونَ بِٱلْحَسَنَةِ
ٱلسَّيِّئَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٥٤﴾ وَإِذَا سَمِعُواْ ٱللَّغْوَ
أَعْرَضُواْ عَنْهُ وَقَالُواْ لَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ
لَا نَبْتَغِي ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٥٥﴾ إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ
ٱللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَآءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿٥٦﴾ وَقَالُوٓاْ إِن
نَّتَّبِعِ ٱلْهُدَىٰ مَعَكَ نُتَخَطَّفْ مِنْ أَرْضِنَآ أَوَلَمْ نُمَكِّن لَّهُمْ
حَرَمًا ءَامِنًا يُجْبَىٰٓ إِلَيْهِ ثَمَرَٰتُ كُلِّ شَيْءٍ رِّزْقًا مِّن لَّدُنَّا وَلَٰكِنَّ
أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٧﴾ وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍۭ
بَطِرَتْ مَعِيشَتَهَا فَتِلْكَ مَسَٰكِنُهُمْ لَمْ تُسْكَن مِّنۢ بَعْدِهِمْ
إِلَّا قَلِيلًا وَكُنَّا نَحْنُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٥٨﴾ وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ
ٱلْقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِيٓ أُمِّهَا رَسُولًا يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا وَمَا
كُنَّا مُهْلِكِي ٱلْقُرَىٰٓ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَٰلِمُونَ ﴿٥٩﴾

﴿٥١﴾ جا بەڕاستی ئێمە بێ پسانەوە ئەم پەندو ئامۆژگاریانەمان پێ وتن بەڵکو بیر بکەنەوە. ئینجا پەروەردگار باسی ئەو زاناو پیاو چاکانەی ئەهلی کیتاب کە باوەڕیان هێنا بەم قورئان دەکات‌و دەفەرموێ:

﴿٥٢﴾ ئەو کەسانەی کە لەپێش ئەم قورئانەدا پەڕاومان پێداون ئەوان بەم قورئانە باوەڕ دەهێنن.

﴿٥٣﴾ جا هەر کاتێك ئەو قورئانە بەسەریاندا بخوێنرێتەوە دەڵێن: باوەڕمان پێیەتی بێگومان ئەوە ڕاستەو لەلایەن پەروەردگارمانەوەیە، بێگومان ئێمە پێش ئەم قورئانەیش هەر موسڵمان بوین. ئەمەش ڕۆشنترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئایینی پێغەمبەران لە شتە بنچینەییەکاندا یەکن‌و لە یەك سەرچاوەوە هەڵقوڵاون، ئینجا پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿٥٤﴾ ئەوانە بە هۆی خۆگرتنیان لەسەر ئایینی پێشوی خۆیان‌و پاشان باوەڕهێنانی ڕاستەقینەیان بەم قورئانە دوو بەرامبەر پاداشت دەدرێنەوە، وە ئەوانە بە چاکە خراپە لادەبەن‌و وەڵامی خراپە بە خراپە نادەنەوە، کە ئەمەش پلەیەکی هەرە بەرزە بۆ مرۆڤی خاوەن باوەڕو هەمو کەس بەوپلەیە ناگات، وە لەو سەروەت‌و سامانەش کە پێمان داون بەخزم‌و بێگانە دەبەخشن ج بەشێوەی زەکات ج بە شێوەی چاکەی تر.

﴿٥٥﴾ خۆ هەر کاتێك شتی بێ سوودو بێ کەڵك ببیسن پشتی تێ دەکەن‌و دەڵێن: کرداری خۆمان بۆ خۆمان‌و کرداری خۆتان بۆ خۆتان، لە ئێمەوە تووشی زیان نابن، ئێمە نامانەوێت سەروکەللە لەگەل نەفام‌و نەزانانندا بدەین. دڵی باوەڕدار هەمیشە لە یادی پەروەردگاری خۆیدایەو نایەوێ خۆی بە شتی بێ سودو پڕو پوچەوە سەرگەرم بکات. ئینجا پەروەردگار ڕوو دەکاتە پێغەمبەرﷺ و دەفەرموێ:

﴿٥٦﴾ بێگومان کە تۆ ناتوانیت هەر کەسێکت خۆشویست بیخەیتە سەر ڕاستە ڕێگای ئایین بەلاّم ﷲ هەر خۆیەتی کە ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت دەیخاتە سەر ریگای راست، چونکە هەر ئەو زاتە دەزانێت کێ شایستەی ڕێنمایییەو کێیش شایستەی گومڕایی. لە فەرمودەی ڕاستدا هاتوە کە ئەم ئایەتە سەبارەت بە ئەبو تالیبی مامی پێغەمبەرمان ﷺ دابەزیوە کە هەمیشە چاودێری پێغەمبەری ﷺ دەکردو خۆشی دەویست‌و لە ڕیزی ئەودا بوو بەلاّم لەبەر خزمایەتی نەك لەبەر بیرو باوەڕ، جا کاتێك نزیکی مردن بوویەوە پێغەمبەرمانﷺ بانگی کرد بۆ وەرگرتنی ئەم ئایینە پیرۆزە، بەلاّم ئەو لەبەر لۆمەی بت پەرستان شایەتومانی نەهێناو بە موشریکی مرد کە ئەمەش زۆر سەخت بوو لەلای پێغەمبەرمانﷺ جا خوا ئەم ئایەتەی بۆ نارد. ئینجا پەروەردگار هەندێك لە بەهانەی ئەو بت پەرستانەی مەکە باس دەکات‌و دەفەرموێ:

﴿٥٧﴾ جا ئەوان وتیان: ئەگەر ئێمە دوای ئەو ڕێنمایییە بکەوین لەگەل تۆدا هەر لەم زەویەی خۆماندا پارچە پارچە دەکرێین، پەروەردگار دەفەرموێ: ئەوان ئاوا دەڵێن، ئەی مەگەر ئێمە ئەوانمان لە شوێنێکی ئەمن‌و ئاسایشدا دانەمەزراندوە کە بەروبومی هەمو شتێکیان بۆ دەبرێت کە ئەوەش ڕۆزییەکە بۆیان لەلایەن ئێمەوە؟ بەلاّم زۆربەی ئەوان ئەم ڕاستیانە نازانن‌و هەنگاوی کوێرانە هەڵدەگرن

وَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيۡءٖ فَمَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتُهَاۚ وَمَا عِندَ
ٱللَّهِ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ٦٠ أَفَمَن وَعَدۡنَٰهُ وَعۡدًا حَسَنٗا
فَهُوَ لَٰقِيهِ كَمَن مَّتَّعۡنَٰهُ مَتَٰعَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ثُمَّ هُوَ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ
مِنَ ٱلۡمُحۡضَرِينَ ٦١ وَيَوۡمَ يُنَادِيهِمۡ فَيَقُولُ أَيۡنَ شُرَكَآءِيَ ٱلَّذِينَ
كُنتُمۡ تَزۡعُمُونَ ٦٢ قَالَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَوۡلُ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ
ٱلَّذِينَ أَغۡوَيۡنَآ أَغۡوَيۡنَٰهُمۡ كَمَا غَوَيۡنَاۖ تَبَرَّأۡنَآ إِلَيۡكَۖ مَا كَانُوٓاْ إِيَّانَا
يَعۡبُدُونَ ٦٣ وَقِيلَ ٱدۡعُواْ شُرَكَآءَكُمۡ فَدَعَوۡهُمۡ فَلَمۡ يَسۡتَجِيبُواْ
لَهُمۡ وَرَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَۚ لَوۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ يَهۡتَدُونَ ٦٤ وَيَوۡمَ يُنَادِيهِمۡ
فَيَقُولُ مَاذَآ أَجَبۡتُمُ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٦٥ فَعَمِيَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَنۢبَآءُ
يَوۡمَئِذٖ فَهُمۡ لَا يَتَسَآءَلُونَ ٦٦ فَأَمَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ
صَٰلِحٗا فَعَسَىٰٓ أَن يَكُونَ مِنَ ٱلۡمُفۡلِحِينَ ٦٧ وَرَبُّكَ
يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُ وَيَخۡتَارُۗ مَا كَانَ لَهُمُ ٱلۡخِيَرَةُۚ سُبۡحَٰنَ
ٱللَّهِ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٦٨ وَرَبُّكَ يَعۡلَمُ مَا تُكِنُّ
صُدُورُهُمۡ وَمَا يُعۡلِنُونَ ٦٩ وَهُوَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ لَهُ
ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلۡأُولَىٰ وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ٧٠

وەکو ئەوەی کە ئەوان خۆیان ئەو ڕێزو پلەیەیان بۆ خۆیان دابین کردبێت!

٥٨ خۆ زۆر وڵاتیشمان لەناوبرد کە خەڵکەکەی بە هۆی ڕابواردنو ژیانی خۆشیانەوە سەرکەشو لەخۆبایی بون، جا ئەوە جێگاکانیانە ببینن کە لە پاش ئەوان جگە لە کەمێك لەوێدا نیشتەجێ نەبون ئەوسا ئێمە هەر خۆمانین دەمێنێینەوەو خەڵك هەموی دەمرێت.

٥٩ خۆ پەروەردگاری تۆ هیچ شارێکی لەناو نەبردوە هەتا پەیامبەری خۆی نەناردبێتە ناو سەرەکی ترین جێگایانەوە کە نیشانەکانی ئێمەیان بەسەردا خوێندبنەوە تا هیچ بەهانەیەکیان نەبێت بۆ ڕۆژی قیامەت، جا ئێمە هیچ وڵاتێکیشمان لەناو نەبردوە، مەگەر لەبەر ئەوەبوە کە خەڵکەکەی ستەمکار بون.

٦٠ جا ئەوەی کە پێتان دراوە لە هەر شتێك تەنها لەزەتێکی ژیانی دنیایەو جوانیەکەیەتیو پاش ماوەیەکی کەم یان ئێوە لەو دەردەچن یان ئەو لەدەست ئێوە دەردەچێت، خۆ ئەوەی کە لەلای ﷲ یە چاکترو زۆرتر دەمێنێتەوە، واتە: ئەم ژیانە فریودەرەو جێگای دڵنیاییو پشت پێ بەستنی نیە، دەی ئایاهەر تێ ناگەن؟

٦١ ئایا ئەو کەسەی کە ئێمە بەڵێنێکی جوانمان پێ دابێت، جا ئەو بەو بەڵێنەش بگات وەك ئەو کەسە وایە کە ئێمە ڕابواردنێکی ژیانی دنیامان پێ دابێتو زۆر نەبات لەناو بچێتو پاشان ئەو لە ڕۆژی قیامەتدا لەو کەسانە بێت لەناو ئاگردا ئامادە دەکرێن؟ نەخێر وەکو یەك نین.

٦٢ جا باس بکە بۆیان ئەو ڕۆژەی کە ﷲبانگیان دەکاتو ئەوسا دەفەرموێت: لەکوێن ئەو هاوبەشانەی من کە ئێوە واتان گومان دەبرد کە ئەوانە هاوبەشی منن‌و دەتوانن یارمەتیتان بدەن‌و تکاتان بۆ بکەن؟

٦٣ ئەو کەسانەی کە بڕیاری ئێمە بە سەریاندا هاتە دیو چوونە ناو ئاگرەوە دەڵێن: ئەمانە ئەو کەسانەن کە ئێمە سەرمان لێ تێکدان، سەرمان لێ تێکدان هەروەکو چۆن خۆمان سەرمان لێ شێوابو لە پێشگای تۆدا بێزاری خۆمان لەوان دەردەبڕین، ئەوان ئێمەیان نەپەرستوە بەڵکو هەواو ئارەزۆو بەرژەوەندی خۆیانیان ویستوە، ئائەوەیە سەرئەنجامی عابیدان‌و مەعبودانی ساختەیی.

٦٤ جا بە پەیڕەوان وترا بانگ بکەنە ئەو هاوبەشانەی کە بۆ ﷲ تان دانا بو با بێن بە دەمتانەوەو پارێزگاریتان لێ بکەن، جا ئەوانیش بانگیان کردن بەڵام وەڵامیان نەدانەوە، جا نەك لەبەر شەهامەتو لێهاتوویی بەڵکو لەبەر ترسنۆکیو سەرگەرمی بە سزای خۆیانەوە، جا چاویان بە سزا دەکەوێت، بێگومان ئەگەر ئەوان ڕێگای هیدایەتیان بگرتایە خۆ ئێستا ئەو سزایەیان نەدەدی.

٦٥ جا باس بکە بۆیان ئەو ڕۆژە کە ﷲ بانگیان دەکاتو دەفەرموێت: چۆن وەڵامی پێغەمبەرانتان دایەوە؟

٦٦ جا لەو ڕۆژەدا هەمو هەواڵێکیان لە بیر دەچێتەوەو هیچ بەڵگەیەکی ڕاستو دروستیان نیە بۆ وەڵامدانەوە، جگە لە شەرمەزاریو سەرشۆڕی، ئەوسا پرسیار لە یەکتر ناکەن بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە، جا لە ترسی ڕوداوی پڕ مەترسی ئەو ڕۆژە سەختە پاش زەمانێکی درێژ دێنە قسەو سوێندی درۆ دەخۆن وەك لە ئایەتی بیست‌وسێی

قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ
مَنْ إِلَـٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِضِيَآءٍ ۖ أَفَلَا تَسْمَعُونَ ﴿٧١﴾
قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلنَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَىٰ
يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ مَنْ إِلَـٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ
فِيهِ ۖ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٧٢﴾ وَمِن رَّحْمَتِهِۦ جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ
وَٱلنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ
﴿٧٣﴾ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ
تَزْعُمُونَ ﴿٧٤﴾ وَنَزَعْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا فَقُلْنَا
هَاتُوا۟ بُرْهَـٰنَكُمْ فَعَلِمُوٓا۟ أَنَّ ٱلْحَقَّ لِلَّهِ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟
يَفْتَرُونَ ﴿٧٥﴾ ۞ إِنَّ قَـٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ
عَلَيْهِمْ ۖ وَءَاتَيْنَـٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ
أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ
﴿٧٦﴾ وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ
نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ
وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾

سورەتی ئەنعامدا هاتووەو دەڵێن: ﴿بە اللّٰه قەسەم، بە پەروەردگارمان ئێمە موشریکن نەبووین﴾

ئەگەر بە جوانی لە ڕۆژی قیامەتو پرسیارو وەڵامی ئەو ڕۆژە لە قورئاندا وردببینەوە لەوانەیە هەندێك جێگای بە دژی هەندێکی تر بزانرێت، تاوانباران لەلایەك قسە ناکەن، لەلایەك نەفرین لە یەکتر دەکەن، لەلایەك وەکو ئێرە وەڵامیان نیەو لەلایەکی ترەوە وەکو ئەوەی سورەتی ئەنعام سوێند دەخۆنو دەڵێن موشریك نەبووینو چەندین جێگای تری لەم بابەتە بەڵام ئەگەر بزانین کە ئەو ماوە بەهەزاران ساڵە ئینجا مانای ئەم ئایەتانە بە چاکی دەزانیت، چونکە دەگونجێت دەیان ساڵ بێ دەنگو دەیان ساڵی تر جنێو بە یەکتردانو چاو لە یەك سوورکردنەوەو دەیان ساڵ بەڵێن دان بە اللّٰه کە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دنیا ئیتر جگە لە اللّٰه بەندایەتی بۆ شتێکی تر ناکەن. ئینجا پەروەردگار دەفەرموێ:

(٦٧) ئەوسا ئەو کەسەی کە بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگارو لە تاوان پەشیمان بووبێتەوەو باوەڕی هێنا بێتو کرداری چاکی کردبێت نزیکە ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا لە ڕیزی

ڕزگاربواندا بێت، وشەی (عَسی) بە لای عەبدوڵای کوڕی عەباسەوە لەلای خوا بۆ (وجوب)ە، منیش دەڵێم: قسەی ئاوا لەلای اللّٰه ی بێنیهایەت میهرەبانەوەهەر چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت ئەگەرچی هیچ شتێك لە سەر خوا واجب نیە.

(٦٨) خۆ هەر پەروەردگارتە ئەوەی کە ئارەزۆی لێ بێت دروستی دەکاتو هەڵیدەبژێرێت، هەڵبژاردن بۆ ئەوان نیە، اللّٰه پاكو بێ عەیبەو بەرزەو بێ نیازە لەوەی کە ئەوان دەیکەن بە هاوەڵو هاوبەشی. لێرە بەرونی ئەوە دەگەیەنێت کەمرۆڤ بۆی نیە ڕێگاورێباز بەکەیفی خۆی هەڵبژێرێت بەڵکو تەنها خالیق مافی هەڵبژاردنی هەیەومەخلوق ئەومافەی نیە.

(٦٩) ئەوسا پەروەردگارت دەزانێت ئەوەی کە لەناو دڵیاندا شاردویانەتەوەو ئەوەش کە ئاشکرای دەکەن، واتە: لەلای اللّٰه ئاشکراو شاراوە یەکسانە.

(٧٠) خۆ ئەوە اللّٰهیەو هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەی تر جگە لەو زاتە نیە، هەر بۆ ئەوەو هەر خۆی شایستەی سوپاسە لە دنیاو لە قیامەتدا، وە بڕیارو یاسا دانان هەر بۆ خۆیەتیو کەسی تر مافی ئەوەی نیە، وە هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە. ئینجا پەروەردگار باسی دوو نیعمەتی گەورەیەی خۆی دەکاتو دەفەرموێ:

(٧١) بڵێ: پێم بڵێن ئەگەر اللّٰه هەتا قیامەت بیکات بە شەو جگە لە اللّٰه کام خودای تر هەیە کە ڕووناکیتان بۆ بهێنێت؟ ئایا ئێوە هەر نابیستنو فامی هیچتان نیە؟

(٧٢) بڵێ: پێم بڵێن ئەگەر اللّٰه هەتا قیامەت دنیاتان بۆ بکات بە ڕۆژ جگە لە اللّٰه کام پەرستراوێکی تر هەیە کە شەوتان بۆ بهێنێت تا ئارامی تێدا بگرنو بحەسێنەوە؟ ئایا ئێوە هەر چاو ناکەنەوە کەئەم ڕاستیانە ببینن؟

(٧٣) جا بەشێك لە سۆزو چاکەی ئەو، ئەوەیە کە ئەو شەوو ڕۆژەی بۆ داناون بە شێوەیەکی ڕێکوپێك تا لە شەودا ئیسراحەت کەنو بحەسێنەوەو لە ڕۆژیشدا بۆ بەدەست هێنانی خەیرو بەیرە فرەوانەکانی ئەو کارو کۆشش بکەن، بەو ئومێدەی کە ئێوەیش سوپاسی بکەنو نمەك نەناس

نەبن، جا ئەوانەی کە جگە لە ﷲ دەیانپەرستن هەر وەك لە دنیادا هیچ دەسەڵاتیکیان لە سەر هاتنی شەوو رۆژ نیە کە هۆی ئەو هەمو خەیرو بەیرەن بۆتان، هەر ئاوا لە قیامەتیشدا هیچ چاکەیەکیان لە دەست نایەت بۆتان دەی بیری ئەو رۆژە بکەنەوە.

(٧٤) جا باس بکە بۆیان ئەو ڕۆژەی کەﷲ بانگیان دەکاتو دەفەرموێت: کوان ئەوانەی کە ئێوە گومانتان دەبرد کە ئەوانە هاوبەشی منو دەتوانن یارمەتیتان بدەنو تکاتان بۆ بکەن؟ هاوبەشی دانان بۆ ﷲ تاوانێکی زۆر گەورەیەو ﷲ بە بێ پەشیمان بوونەوەو تەوبە لێکردنی پێش مردن چاوپۆشی لێ ناکاتو موشریکان بۆ هەمیشە جێگایان ئاگری داخی دۆزەخە.

(٧٥) لە هەمو گەلو تاقمێك شایەتێك کە پێغەمبەری ئەو گەلەو پیاو چاكو ڕاستگۆیانی هەر تاقمو تیرەو عەشیرەتێکەن دەردەهێنین، ئینجا لە بێ باوەڕانی ئەو تاقمو گەلو عەشیرەتو تیرە پرسیار دەکرێت لەو کارو کۆششەی کە لە دنیادا کردویانە، جا پێمان وتن ئادەی بەلگەکانتان بهێنن ئینجا دەزانن کە حەقو ڕاستی هەر لەلای ﷲیەو ئەو درۆو قسەپوچو بێ کەڵکانەی کە هەڵیان بەستوە لە دنیادا لە بیریان نامێنێت، بەڵکودە بێ بە هۆی شەرمەزاریو سەرشۆڕی قیامەتیان.

(٧٦) بێگومان کە قارون لە گەلی موساو لە خزمانی بوو، مام یان ئامۆزای بوو کەچی بە ناحەق دەست درێژی کردە سەریان، کە ئەوندە گەنجێنەمان بەو دابوو کە هەڵگرتنی کلیلەکانی بە تەنهایی تاقمێکی خاوەن هێزی ماندوو شەکەت دەکرد، جا بەم هۆیەوە لەجیاتی سوپاسی ﷲ ناسوپاسی کردو زۆر لوت بەرزو خۆ بەزلزان بوو، جا باس بکەبۆیان ئەوکاتەی کە خەڵکی تیرەکەی پێیان وت: لوت بەرزو خۆ بەزلزان مەبە، بەڕاستی ﷲ خۆ بەزلزانانی خۆش ناوێت.

قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ أَوَلَمۡ يَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَهۡلَكَ
مِن قَبۡلِهِۦ مِنَ ٱلۡقُرُونِ مَنۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُ قُوَّةٗ وَأَكۡثَرُ جَمۡعٗاۚ
وَلَا يُسۡـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٧٨ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ
فِي زِينَتِهِۦۖ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا يَٰلَيۡتَ لَنَا
مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ٧٩ وَقَالَ
ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَيۡلَكُمۡ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّمَنۡ ءَامَنَ
وَعَمِلَ صَٰلِحٗاۚ وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ ٨٠ فَخَسَفۡنَا
بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلۡأَرۡضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٖ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ
ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُنتَصِرِينَ ٨١ وَأَصۡبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوۡاْ
مَكَانَهُۥ بِٱلۡأَمۡسِ يَقُولُونَ وَيۡكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن
يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُۖ لَوۡلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا لَخَسَفَ بِنَاۖ
وَيۡكَأَنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٨٢ تِلۡكَ ٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ نَجۡعَلُهَا
لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوّٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فَسَادٗاۚ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ
٨٣ مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيۡرٞ مِّنۡهَاۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا
يُجۡزَى ٱلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ إِلَّا مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٨٤

(٧٧) جا بەو سامانە زۆرەی کە ﷲ پێی بەخشیوی ماڵی دواڕۆژتی پێ بەدەست بهێنەو بەشی ژیانی دنیای خۆتیشت لە بیر نەچێت، جا چاکە بکە هەروەك ﷲ چاکەی لەگەل تۆدا کردوەو ئەو هەمو سەروەتو سامانەی پێداویت، وە لەسەر زەویدا خراپە نەکەیت چونکە بێگومان کە ﷲ خراپەکارانی خۆش ناوێت.

(٧٨) قارون وتی: ئەوەی کە بە من دراوە بەهۆی زانیاری خۆمەوەیە هیچ منەتی تێدا نیەو خۆم شایستە ئەم ماڵو سامانەم کە پێم دراوە، پەروەردگاریش بە دەمیدا دەداتەوەو دەفەرموێ: ئایا نازانێت کە بەڕاستی ﷲ پێش ئەو گەلانێکی زۆری لەناوبردوە کە لەو بە تواناترو سەروەتمەندتر بوون؟ جا پرسیار لە تاوانی تاوانباران ناکرێت بۆچاوپۆشی لێ کردنیان چونکە ﷲ دەیناسێتودەزانێ چییان کردوە، ئەوانە تەنها پرسیاریان بۆ سەرزەنشتو لۆمە لێ دەکرێت، جا بەم شێوەیە مانایەئەم ئایەتە لەگەل ئەو ئایەتانەی پرسیاری کافران وەکو ئایەتی ﴿ فَوَرَبِّكَ لَنَسۡـَٔلَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ٩٢ ﴾ حیجر: ٩٢ /واتە: سوێند بە پەروەردگار پرسیار لە هەموتان

دەگرێت﴾ یەك دەگرێتەوە. بەڵێ قارون گوێی بە ئامۆژگاریی پیاو باشانی گەلەکەی نەداو هەر بە باشیی و بۆشی خۆیەوە خەریك بوو.

(٧٩) جا لەو کاتەدا بەو بەرگە ڕازاوەو دەستو پێوەندە زۆرەیەوە هاتە ناو تیرەکەی، خۆ ئەوانەی کە ژیانی دنیایان دەویست وتیان: ئای خۆزگە وەك ئەوەی کە بە قارون دراوە بەئێمەش بدرایە بێگومان ئەوە بەشێکی زۆر گەورەیە کە بەو دراوە لە ماڵی دنیا، دیارە ئەمە هەڵوێستی دنیا ویستانە بەڵام ئەوانەی کە بە چاکی دنیا دەناسن و بەو سەروەتو سامانە فریو ناخۆن هەڵوێستیشان جیاوازە وەك دەفەرموێ:

(٨٠) جا ئەوانەی کە زانیاری ڕاستەقینەیان پێدرا بوو کە یەکتاپەرستیو خۆ ئامادەکرنە بۆ ماڵی خۆشترو هەتاهەتای بەو تاقمە دنیا ویستەیان وت: هەی سەر لێ شێواوو ماڵ وێرانان دەك لە ناوچن ئەوە چی دەڵێن؟ ئەو پاداشتەی کە اللە داناوە بۆ ئەو کەسەی کە باوەڕی هێنا بێتو کرداری چاکی کرد بێت کە بریتیە لە بەهەشتو نازو نیعمەتەکانی زۆر چاکترە لەوەی کە دراوە بە قارون لە دنیادا، ئەوسا جگە لە خۆگران بە کەسیتر ئەم نازو نیعمەتی گەورەو هەتاهەتاییە نادرێت. لە فەرمودە دا هاتوە کە اللە بە بەندەکانی دەفەرموێ: {أعدَدتُ لِعبَادِيَ الصَّالِحِين مَالا عَينٌ رَأَت وَلاَ أُذُنٌ سَمِعَت، وِلاَ خَطَرَ عَلَى قَلبِ بَشَر/احمد. صححه الالباني/ ئەوەی کە چاو نەیبینیوەو گوێ نەیبیستوەو نەهاتوە بە دڵی هیچ کەسێکدا ئامادەم کردوە بۆ بەندە چاکەکانم} جا کاتێك پەروەردگار باسی لوت بەرزی قارون و شانازی کردنی بەسەر گەلەکەیداو خۆ ڕازاندنەوەی کرد باسی سەرئەنجامی ئەو هەڵس وکەوتەیشی دەکاتو دەفەرموێ:

(٨١) جا ئەومان بە ماڵەکەیشیەوە برد بە ناخی زەویدا ئەوسا هیچ دەستەیەکیش نەبوو لە سزای اللە بیپارێزێت، وە خۆیشی لەوانە نەبوو کە سەرکەوتن بەدەست بهێنێتو تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

(٨٢) ئەوسا ئەو کەسانەی کە دوێنێ ئاواتی جێگای ئەویان دەخواست، وا ئێستا پاش بە ناخی زەویدا چوونی قارونو ماڵەکەیشی لەو ئاواتەی خۆیان پەشیمانن و دەڵێن: وای خۆوا دەردەکەوێت کە بەڕاستی اللە بۆ هەر کەسێك لە بەندەکانی کە ئارەزۆی لێ بێت ڕۆزی فرەوان دەکاتو بۆ هەر کەسێکیش کە ئارەزۆی لێ بێت دەیگرێتەوەو کەم دەستی دەکات، جا دەڵێن: ئەگەر اللە منەتی نەخستایە سەرمان ئێمەیشی بە ناخی زەویدا دەبردە خوارەوە، وای بەڕاستی بێ باوەڕان ڕزگار نابن. وشەی {وَيْكَأَنَّ} هەندێك بەلایانەوە (وَيلَكَ اِعلَم أن...واتە: وای بۆ تۆ بزانە بەڕاستی... کە وشەی (اِعلَم) وپیتی(ل) لە (وَيلَكَ) لابراون. والله أعلم.

(٨٣) ئەوە ماڵی دوا ڕۆژەو ئێمە هەر بەو کەسانە دەدەین کە لەم زەویەدا نایانەوێت لوت بەرزو خراپە کێڵ بن، وە پاشە ڕۆژیش هەر بۆ پەرهیزکارانە، خۆ بەزلزانیو لوت بەرزی سیفەتێکی ناپەسندو بێزراوە لەلای اللە.هەر بۆیە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: { إنَّ اللَّهَ أَوْحَى إِلَيَّ أَنْ تَوَاضَعُوا حَتَّى لَا يَفْخَرَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ وَلَا يَبْغِ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ/ متفق عليه/ بێگومان اللە نیگا کراوەتەلام کە ئەوەندە خۆتان نزم بکەنەوە تا هیچ کەسێك بەسەر کەسێکی تردا خۆی هەڵ نەکێشێت، وە هیچ کەسێکیش دەست درێژی نەکاتە سەر کەسێکی تر}

(٨٤) هەر کەسێك چاکەیەك بکات زیاتر لەو چاکەیەی بۆ هەیە، (کە لای خواروی دە بەرامبەرە) وە هەر کەسێکیش کاری خراپ ئەنجام بدات ئەوسا ئەوانەی کە ئەو کردارگەلە خراپەیان کردوە جگە لەو کارانەی کە کردویانە تۆڵەیان لێ وەرناگیرێت.

(٨٥) بێگومان ئەو زاتەی کە قورئانی بۆ تۆ ناردوە دەتگەڕێنێتەوە بۆ قیامەتو حیسابو پرسیاری کارو کۆششی خۆتو هەڵوێستی گەلەکەت لێدەکرێت، بەو کەسانەی کە باوەڕت پێ ناکەن بڵێ: پەروەردگارم زاناترە بەو کەسەی کە لەسەر ڕێنمایی‌و هیدایەتەو ئەوکەسەش کە لەناو گومڕایی ئاشکرادایە.

(٨٦) خۆ تۆ بەو هیوایە نەبوویت کە ئەم قورئانەت بۆ بێت بەڵام ئەو قورئانەت بۆ هات کە بەزەیی‌و سۆزێك بوو لەلایەن پەروەردگارتەوە، جا تۆش هەرگیز پشتیوانی لە خوانەناسان نەکەیت، بەڵکو لێیان جیا ببەرەوەو لە خۆتو دووریان بخەرەوەو بە پێچەوانەیانەوە بجوڵێرەوە.

(٨٧) ئەوسا پاش ئەوەی کە نیشانەکانی الله هاتە لات نابێت ئەوان تۆ لەوە لابدەن‌و لە بڵاوکردنەوەی نیشانەکانی اللهڕێگات لێ بگرن، جا تۆ خەڵکی بەرەو ئاینی پەروەردگارت بانگ بکەو تۆ لە موشریکان نەبیت، ئەمە ڕووی لە پێغەمبەرە ﷺ و مەبەست ئوممەتەکەیەتی، هەروەها ئەم ئایەتەیش کە دەفەرموێت:

(٨٨) لەگەل اللهدا هیچ پەرستراوێکی تر مەپەرستە، چونکە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەی تر جگە لەو نیە، هەمو شتێك لەناو دەچێت بێجگە لە زاتی خۆی، هەر بۆ ئەوە بڕیارو فرمان‌و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێنرێنەوە بۆ حیسابو کیتابو هەر ئەویشە پاداشتان دەداتەوە چاکە بە چاكو خراپەیش بە خراپ.

سورەتی عەنکەبوت (٢٩) (٦٩)

سورەتی عەنکەبوت کە سورەتی بیستو نۆهەمی قورئانە، شەستو نۆ ئایەتە، لە دواترین سورەتانێکە کە لە مەکەدا هاتوتە خوارەوەو هەندێکش وتویانە کە لە مەدینەدا دابەزیوە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی هەشتاو پێنجهەمەو پاش سورەتی (روم)و پێش (موتەففین) دابەزیوە. وشەی (الْعَنْكَبُوت: جاڵجاڵۆکە) لە قورئاندا تەنها دووجار ئەویش لە ئایەتی چل‌ویەکەمی ئەم سورەتەدا هاتوە.

بەناوی الله ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

إِنَّ ٱلَّذِى فَرَضَ عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ ۚ قُل رَّبِّىٓ
أَعْلَمُ مَن جَآءَ بِٱلْهُدَىٰ وَمَنْ هُوَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٨٥﴾ وَمَا كُنتَ
تَرْجُوٓا۟ أَن يُلْقَىٰٓ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبُ إِلَّا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۖ
فَلَا تَكُونَنَّ ظَهِيرًا لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٨٦﴾ وَلَا يَصُدُّنَّكَ عَنْ ءَايَٰتِ
ٱللَّهِ بَعْدَ إِذْ أُنزِلَتْ إِلَيْكَ ۖ وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَ ۖ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ
ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ ۘ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا
هُوَ ۚ كُلُّ شَىْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُۥ ۚ لَهُ ٱلْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٨﴾

سُورَةُ العَنكَبُوتِ (٢٩) (٦٩)

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓ ﴿١﴾ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓا۟ أَن يَقُولُوٓا۟ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا
يُفْتَنُونَ ﴿٢﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ
صَدَقُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٣﴾ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ
ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَسْبِقُونَا ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٤﴾ مَن كَانَ يَرْجُوا۟
لِقَآءَ ٱللَّهِ فَإِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ لَءَاتٍ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٥﴾ وَمَن
جَٰهَدَ فَإِنَّمَا يُجَٰهِدُ لِنَفْسِهِۦٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦﴾

(١) ئەلیف، لام، میم. هەرخوا دەزانێ مەبەست چییە.

(٢) ئایا خەڵکی وا دەزانن کە وازیان لێ دەهێنرێت کە وتیان باوەڕمان هێناوەو ئەوان تاقی ناکرێنەوە؟

(٣) لە کاتێکدا ئەوانەی پێش ئەوانمان تاقی کردوەتەوە تا الله ئەوانەی کە ڕاستیان کردوە لە بیرو باوەڕیاندا، ئەوانەش کە درۆزنن دەریان بخاتو لەیەکیان جیا بکاتەوە.

(٤) ئایا ئەوانەی کە خراپە کێڵن وا دەزانن لە دەست ئێمە دەردەچن؟ ئای چەند خراپ بڕیار دەدەن، چۆن دەگونجێت کە ئەوان لە دەستی پەروەردگاری بە توانا دەربچن؟

(٥) هەر کەسێك بە هیوای گەیشتن بە الله بێت لە پاشەڕۆژداو لە دنیادا ئیشی چاکی کردبێت، ئەوسا بە بێگومان ئەو ماوەیەی کە الله دایناوە دێتو بە پەروەردگار شادمان دەبێت، خۆ ئەو زاتە بیسەری هەمو قسەو زانەری هەمو شتێکە ئاشکرا بێت یان پەنهان.

(٦) جا هەر کەسێك خۆی زەحمەت بدات بۆ ئەنجامدانی ئیشی چاك ئەوە ئەو ئیشە چاکەی هەر بە سوودی خۆیەتی، بێگومان کەالله بێ نیازە لە هەمو جیهانیان.

وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُكَفِّرَنَّ عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ
وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَحۡسَنَ ٱلَّذِي كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٧ وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ
بِوَٰلِدَيۡهِ حُسۡنٗاۖ وَإِن جَٰهَدَاكَ لِتُشۡرِكَ بِي مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٞ
فَلَا تُطِعۡهُمَآۚ إِلَيَّ مَرۡجِعُكُمۡ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٨
وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُدۡخِلَنَّهُمۡ فِي ٱلصَّٰلِحِينَ
٩ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِيَ فِي ٱللَّهِ جَعَلَ
فِتۡنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِۖ وَلَئِن جَآءَ نَصۡرٞ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ
إِنَّا كُنَّا مَعَكُمۡۚ أَوَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَعۡلَمَ بِمَا فِي صُدُورِ ٱلۡعَٰلَمِينَ
١٠ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ
١١ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّبِعُواْ سَبِيلَنَا
وَلۡنَحۡمِلۡ خَطَٰيَٰكُمۡ وَمَا هُم بِحَٰمِلِينَ مِنۡ خَطَٰيَٰهُم مِّن
شَيۡءٍۖ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ١٢ وَلَيَحۡمِلُنَّ أَثۡقَالَهُمۡ وَأَثۡقَالٗا
مَّعَ أَثۡقَالِهِمۡۖ وَلَيُسۡـَٔلُنَّ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَمَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ
١٣ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ فَلَبِثَ فِيهِمۡ أَلۡفَ سَنَةٍ
إِلَّا خَمۡسِينَ عَامٗا فَأَخَذَهُمُ ٱلطُّوفَانُ وَهُمۡ ظَٰلِمُونَ ١٤

(٧) ئەوسا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو ئیشی باشیان کردوە بە دڵنیاییەوە ئێمە تاوانەکانیان دادەپۆشین‌و نایخەینە ڕوو، وە بە چاکتر لەوەیش کە کردویانە پاداشتیان دەدەینەوە.

(٨) فرمانماندا بەسەر مرۆڤدا کە چاکە بکا لەگەڵ باوك‌و دایکیدا، جا ئەگەر ئەوان هەڵیان پێچایت لەسەر ئەوەی کە تۆ هاوبەشم بۆ دابنێیت بە شتێك کە تۆ هیچ زانیاریەکت بەو شتە نیە ئەوسا لەمبارەوە بە گوێیان مەکە، گەڕانەوەتان هەر بۆ لای منە، جا تێتان دەگەیەنم کە چیتان کردوە. ئەم ئایەتە لە بارەی سەعدی کوڕی ئەبو وەقاسەوە هاتوە کە وتویەتی چوار ئایەت لە بارەی منەوە دابەزیون جا باس دەکات‌و دەڵێ :دایکی پێی وت: ئایا ﷲ فرمانی نەکردوە کە بە گوێی باوك‌و دایکت بکەیت؟ بە ﷲ قەسەم هیچ خواردن‌و خواردنەوەیەك ناخۆم هەتا دەمرم یان تۆ کافر نەبیتەوە، سەعد دەڵێ: جا هەر کاتێك بیان ویستایە کە خواردنی پێ بدەن بە دار دەمیان دەکردەوە جا ئەم ئایەتە دابەزی‌وسەعد بەدایکی وت چەندین گیانت هەبێ‌و هەمویان دەرچن من وازلەئایین ناهێنم خواردن دەخۆی یان ناخۆی ئارەزۆی خۆتە جا دایکی دڵنیابو کە پەشیمان نابێتەوە دەستی کردەوە بەخواردن.

(٩) جا ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کرداری چاکیان کردوە بەڕاستی ئەوانە دەخەینە ناو پیاو چاکانەوە کە پێغەمبەران‌و دۆستانی خوداو شەهیدان‌و ڕاستگۆیانن‌و لەگەڵ ئەواندا کۆ دەکرێنەوە.

(١٠) خۆ هەندێك لە خەڵکیش هەن کە دەڵێن باوەڕمان هێناوە بە ﷲ، جا ئەوانە هەر کاتێك لەبەر ﷲو لەسەر ڕێبازی ئەو ئازار بدرێن ئەو ئێش‌و ئازارەی خەڵك لایان وەکو سزای ﷲ وایەو دەترسن‌و پەیڕەویان دەکەن‌و واز لە ڕێبازی ﷲ دەهێنن، لە کاتێکدا ئەگەر لەلایەن پەروەردگارتەوە سەرکەوتنێك بە دەست بهێنی، بەڕاستی دەڵێن ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا بووین‌و داوای دەستکەوتت لێ دەکەن، مەگەر ﷲ ئاگادارتر نیە بەوەی کە لە ناو دڵی خەڵکدایە؟!

(١١) تاکو ﷲ دەریخات ئەو کەسانەی کە بەڕاستی باوەڕیان هێناوەو ئەو کەسانەش کە مونافق‌و دووروون.

(١٢) جا کافرەکان دەڵێن بەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە وەرن دوای ڕێبازی ئێمە بکەون‌و بە گوێی ئێمە بکەن، هەقتان نەبێت ئێمە لە ڕۆژی قیامەتدا تاوانەکانی ئێوە هەڵدەگرین‌و گوناهتان لەسەر ئێمە. لە کاتێکدا ئەوان هیچ شتێك لە تاوانەکانی ئەوان هەڵناگرن، بێگومان کە ئەوان درۆزنن.

(١٣) جا ئەوانەی کە خەڵك بۆ کوفرو بێ‌دینی بانگ دەکەن باری گرانی خۆیان هەڵدەگرن، وە لەگەڵ باری گرانی خۆیاندا باری گرانی خەڵکی تریش کەبەقسەی ئەوان فریویان خواردوە هەڵدەگرن‌و بەدڵنیاییەوە لە ڕۆژی قیامەتدا لە بارەی ئەو درۆ و دەلەسانەی کە دەیان کرد، پرسیاریان لێ دەکرێت. پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: { وَمَنْ دَعَا إِلَى ضَلاَلَةٍ كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الإِثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِعَهُ لاَ يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ آثَامِهِمْ شَيْئًا /مسلم/ هەر کەس خەڵکی بانگ بکات بۆ گومڕایی بە ئەندازەی تاوانی ئەو کەسانەی کە پەیڕەوی

دەکەن تا ڕۆژی قیامەت تاوانی لەسەرە بە بێ ئەوەی کە هیچ شتێك لە تاوانی ئەو شوێنکەوتوانەش کەم ببێتەوە} وە هەروەها وتراوە: کە لە ڕۆژی قیامەتدا پیاوی وا دەهێنن کە چاکەی زۆرە جا ئەوەندە تۆڵەی لێ وەردەگیرێتەوە بۆ خەڵك هەتا چاکەکانی تەواو دەبێت پاشان هەم داوای لێ دەکرێت، جا ﷲ دەفەرموێ: تۆڵە وەرگرن لە بەندەم ئەوسا فریشتەکان دەڵێن: هیچ چاکەی نەماوە دەفەرموێ: لە خراپەی ستەم لێکراو هەلگرن‌و بیخەنە سەر شانی ئەوو باری گوناهی ئەوانیش هەڵدەگرێت. ئینجا پەروەردگار بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرمان ﷺ بە کورتی باسی چەند پێغەمبەرێك دەکات لەوانە نوح پێغەمبەرە ؈و دەفەرموێ:

(١٤) بەڕاستی ئێمە نوح پێغەمبەرمان ؈ نارد بۆ لای گەلەکەی بۆ ئەوەی دەست لە بت پەرستی هەلگرن‌و ڕوبکەنە پەروەردگاری تاك‌و تەنیا، جا ئەویش لە ناو ئەو گەلەی خۆیدا نۆ سەدو پەنجا ساڵ مایەوەو بەبەردەوامی بەرەو یەکتاپەرستی بانگی کردن، بەڵام ئەوان جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم باوەڕیان پێ نەهێناو گاڵتەیان پێ دەکرد، جا لێزمە بارانی ئاسمان‌و ئاوی ناو زەوی گرتنی‌و هیچیان دەرباز نەبون، لە کاتێکدا کە ئەوان ستەمکار بون.

(١٥) ئەوسا ئێمە خۆی‌و ئەوانەی کە لە ناو کەشتیەکەیدا بوون ڕزگارمان کردن، جا ئەم ڕووداوەمان کردوە بە نیشانەیەك بۆ پەندو ئامۆژگاری جیهانیان.

(١٦) جا باسی ئیبراهیمیش ؈ بکە ئەو کاتەی کە بەگەلەکەی وت: بەندایەتی ﷲ بکەن‌و خۆتان بپارێزن لەو شتانەی کە دەبنە هۆی سزای ﷲ بۆتان، هەرئەوە چاکە بۆتان ئەگەر بزانن.

(١٧) ئەوانەی کە جگە لە ﷲ دەیانپەرستن بت گەلێکن، وە درۆو بوختانێکە کەدروستان کردوە بێگومان ئەوانەی کە ئێوە جگە لە ﷲ بەندایەتی بۆ دەکەن خاوەنی هیچ ڕۆزیەکیش نین بۆتان، جا کە وابو هەر لە ﷲ داوای ڕۆزی بکەن‌و هەر بەندایەتی بۆ ئەو بکەن‌و هەر ئەو بپەرستن‌و سوپاسی ئەو بکەن کەهەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە.

فَأَنجَيۡنَٰهُ وَأَصۡحَٰبَ ٱلسَّفِينَةِ وَجَعَلۡنَٰهَآ ءَايَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ
١٥ وَإِبۡرَٰهِيمَ إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُۖ ذَٰلِكُمۡ
خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١٦ إِنَّمَا تَعۡبُدُونَ مِن
دُونِ ٱللَّهِ أَوۡثَٰنٗا وَتَخۡلُقُونَ إِفۡكًاۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَعۡبُدُونَ مِن
دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمۡلِكُونَ لَكُمۡ رِزۡقٗا فَٱبۡتَغُواْ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزۡقَ
وَٱعۡبُدُوهُ وَٱشۡكُرُواْ لَهُۥٓۖ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ١٧ وَإِن تُكَذِّبُواْ
فَقَدۡ كَذَّبَ أُمَمٞ مِّن قَبۡلِكُمۡۖ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ
ٱلۡمُبِينُ ١٨ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ كَيۡفَ يُبۡدِئُ ٱللَّهُ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ
يُعِيدُهُۥٓۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ١٩ قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ
فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ بَدَأَ ٱلۡخَلۡقَۚ ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشۡأَةَ ٱلۡأٓخِرَةَۚ
إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٠ يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَيَرۡحَمُ
مَن يَشَآءُۖ وَإِلَيۡهِ تُقۡلَبُونَ ٢١ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ فِي
ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِۖ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ
وَلَا نَصِيرٖ ٢٢ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَلِقَآئِهِۦٓ
أُوْلَٰٓئِكَ يَئِسُواْ مِن رَّحۡمَتِي وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٢٣

(١٨) جا ئەگەر ئێوە بە درۆم دەخەنەوەو باوەڕم پێ ناکەن بەڕاستی گەلانێکی زۆریش پێش ئێوە باوەڕیان نەکرد بە پێغەمبەرانی خۆیان، وە لەسەر ئەم ڕەوانەکراوە جگە لە گەیاندنی پەیامەکەی بە ڕونی‌و ئاشکرایی شتێکی تر نیە. جا باوەڕ دەهێنن قازانج دەکەن‌و نایهێنن هەر خۆتان زیان دەکەن.

(١٩) ئایا نازانن کە ﷲ چۆن سەرەتا دروستکردنی دەست پێ کرد؟ دەی باش بزانن کە پاشان زیندویشی دەکاتەوە، بێگومان ئەوە لەلای ﷲ زۆر ئاسانە

(٢٠) بڵێ: بەناو ئەم زەویەدا بگەڕێن جا تەماشا بکەن‌و وردببنەوە بزانن چۆن لەسەرەتادا دروستکردنی دەست پێکرد؟ پاشان ﷲ جارێکی تر زیندوتان دەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە، بێگومان ﷲ بە توانایە بەسەر هەمو شتێکدا.

(٢١) جا ئەو کاتە کە زیندوی کردنەوە ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت سزای دەدات لەسەر ئەو خراپانەی کە کردویەتی‌و ئەو کەسەیش کە ئارەزۆی لێ بێت بەزەیی پێدا دێتەوەو سزای نادات، خۆ هەر بۆ لای ئەو دەتان هێننەوە.

فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱقْتُلُوهُ أَوْ حَرِّقُوهُ
فَأَنجَىٰهُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلنَّارِ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ
(٢٤) وَقَالَ إِنَّمَا ٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ
فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم
بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ
وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ (٢٥) ۞ فَـَٔامَنَ لَهُۥ لُوطٌ ۘ وَقَالَ
إِنِّى مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّىٓ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ (٢٦) وَوَهَبْنَا
لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَجَعَلْنَا فِى ذُرِّيَّتِهِ ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلْكِتَٰبَ
وَءَاتَيْنَٰهُ أَجْرَهُۥ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ
(٢٧) وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ
مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ (٢٨)
أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ ٱلسَّبِيلَ وَتَأْتُونَ
فِى نَادِيكُمُ ٱلْمُنكَرَ ۖ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ
أَن قَالُوا۟ ٱئْتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ
(٢٩) قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْمُفْسِدِينَ (٣٠)

(٢٢) جا ئێوه نه له زەوی‌و نه له ئاسماندا ناتوانن خۆتان ڕزگار بکەن‌و له دەستی الله دەربچن، ئەوسا بۆ ئێوه جگه له الله هیچ دۆست‌و یارمەتیدەرێك نیه.

(٢٣) خۆ ئەو کەسانەی که به ئایەتەکانی الله‌و به گەیشتن بەو زاته بێ باوەڕن، ئەوانه نائومێد بوون له بەزەیی من، ئەوسا بۆ ئەوانه سزای به ژان هەیه. ئینجا دەگەڕێتەوه سەر چیرۆکی ئیبراهیم پێغەمبەرو عليه السلام دەفەرموێ:

(٢٤) جا ئەو گەلەی جگه لەوەی که وتیان: بیکوژن یان بیسوتێنن هیچ وەڵامێکی تریان بۆی نەبوو، جا ئاگریان بۆ کۆکردەوەو خستیانه ناویەوه بەڵام الله لەو ئاگره ڕزگاری کرد، بێگومان لەو باس‌و داستانەدا چەندین بەڵگه هەیه بۆ گەلێك که باوەڕ دەهێنن.

(٢٥) جا وتی: ئەوەی که جگه له الله کردوتانن به خودای خۆتان بت گەلێکن کەهۆی خۆشەویستی‌و دۆستایەتی نێوانتانه له دنیادا، پاشان له ڕۆژی قیامەتدا باوەڕ به یەکتر ناکەن، بەڵکو نەفرین‌و لەعنەت له یەکتر دەکەن، بەڵام تازه ئەو بێزاری‌و نەفرین لەیەکتر کردنه هیچ سوودێکتان پێ نادات، ئەوسا جێگاتان ئاگرەو هیچ یارمەتیدەرێکیشتان نیه.

(٢٦) ئەوسا لوت ی برازای عليه السلام باوەڕی پێ هێناو ئیبراهیم وتی: بەڕاستی من بۆ لای پەروەردگاری خۆم کۆچ دەکەم واته: لەوڵاتی خۆم که خەڵکەکەی دژایەتیم دەکەن‌و باوەڕم پێ ناهێنن کۆچ دەکەم بۆ جێگایەکی تر لەبەر گەیاندنی پەیامەکەم‌و پارێزگاری له بیرو باوەڕم بەڕاستی هەر خۆیەتی بەهێزو کار بەجێ‌و دانا.

دەڵێن ئیبراهیم عليه السلام یەکەم کەس بووه که لەبەر الله له وڵات‌و کەس‌و کاری خۆی دەستی شۆرد بێت‌و بەرەو هەندەران چوو بێت که لوت ی برازای‌و ساره خاتونی خێزانی لەگەڵدا بووه له عێراقەوه بۆ شام‌و بۆ فەلەستین، ئەگەر چی هەندێ له تەفسیر زانان ئەم قسەیان به قسەی لوت زانیوه، جا بەهۆی ڕاستی‌و لێ بڕانی بۆ الله، پەروەردگار خەڵاتی کردو منداڵی پێدا وەکو دەفەرموێ:

(٢٧) ئەوسا ئێمەش ئیسحاق‌و لەویش یەعقوبمان پێ بەخشی‌و زیاد لەوەیش لەناو نەوەی ئەودا پێغەمبەرایەتی‌و ڕەوانه کردنی پەڕاومان دانا، وه له دنیادا پاداشتی چاکەی خۆیمان پێداو بێگومان له ڕۆژی دوایشدا لەناو پیاوچاکاندایه. له موساوه عليه السلام هەتا پێغەمبەرمان ﷺ هەموی نەوەی ئەو پێغەمبەره گەورو بەڕێزەیه عليه السلام، بەڕاستی هەروەك چۆن تاکه کەس بوو که بۆ الله هەمو شت فیدا کات، هەروا تاکه کەسێکیشه که لەلایەن هەمو خاوەن ئایینەکانەوه ڕێزی هەبێ. ئینجا پەروەردگار باسی لوت پێغەمبەر عليه السلام دەکات‌و دەفەرموێ:

(٢٨) باسی لوت بکه بۆ گەلەکەت ئەو کاتەی که به گەلەکەی وت: بەڕاستی ئێوه کارێکی قێزەونی وا دەکەن که لەم جیهانەدا هیچ کەس لێتان پێش نەکەوتوه.

(٢٩) بێگومان ئێوه نێربازی دەکەن‌و ڕێگری دەکەن‌و لەناو کۆڕەکانتاندا ئیشی خراپ به بەرچاوی یەکترەوه دەکەن، جا وەڵامی گەلەکەی جگه لەوەی که به گاڵتەوه پێیان وت: تۆ سزای الله مان بۆ بهێنه ئەگەر ڕاست دەکەیت، شتێکی تر نەبو.

وَلَمَّا جَآءَتۡ رُسُلُنَآ إِبۡرَٰهِيمَ بِٱلۡبُشۡرَىٰ قَالُوٓاْ إِنَّا مُهۡلِكُوٓاْ
أَهۡلِ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِۖ إِنَّ أَهۡلَهَا كَانُواْ ظَٰلِمِينَ ﴿٣١﴾
قَالَ إِنَّ فِيهَا لُوطٗاۚ قَالُواْ نَحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَن فِيهَاۖ لَنُنَجِّيَنَّهُۥ
وَأَهۡلَهُۥٓ إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ﴿٣٢﴾ وَلَمَّآ
أَن جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمۡ وَضَاقَ بِهِمۡ ذَرۡعٗا
وَقَالُواْ لَا تَخَفۡ وَلَا تَحۡزَنۡۖ إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهۡلَكَ إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَ
كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ﴿٣٣﴾ إِنَّا مُنزِلُونَ عَلَىٰٓ أَهۡلِ
هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِ رِجۡزٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ
﴿٣٤﴾ وَلَقَد تَّرَكۡنَا مِنۡهَآ ءَايَةَۢ بَيِّنَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ
﴿٣٥﴾ وَإِلَىٰ مَدۡيَنَ أَخَاهُمۡ شُعَيۡبٗا فَقَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ
ٱللَّهَ وَٱرۡجُواْ ٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ
﴿٣٦﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي
دَارِهِمۡ جَٰثِمِينَ ﴿٣٧﴾ وَعَادٗا وَثَمُودَاْ وَقَد تَّبَيَّنَ
لَكُم مِّن مَّسَٰكِنِهِمۡۖ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ
أَعۡمَٰلَهُمۡ فَصَدَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَكَانُواْ مُسۡتَبۡصِرِينَ ﴿٣٨﴾

(٣٠) ئەویش ڕووی لە پەروەردگاری كردو وتی: ئەی پەروەردگارم یارمەتیم بدەو سەرم بخە بەسەر ئەم گەلە خراپە كارەدا، دیارە پەروەردگار نزاكەی لێ وەرگرت، جا ڕاسپاردەكانی الله دابەزینو پێشەكی ڕوویان كردە لای ئیبراهیم.

(٣١) جا لەو كاتەی كە نێرراوانی ئێمە هاتنە لای ئیبراهیم و موژدەی كوڕیان پێدا، وتیان: ئێمە خەڵكی ئەو گوندە لەناو دەبەین چونكە خەڵكەكەی ستەمكارن.

(٣٢) ئیبراهیم ﷺ پاش ئەوەی كە زانی داوای مۆڵەت بۆ كردنیان بێ سوودە وتی: بێگومان ئەو گوندە لوتیشی تێدایە؟! وتیان: ئێمە چاكتر دەزانین بەو كەسەی كە لەوێدایە بەڕاستی ئەوو دەستو پێوەندیشی ڕزگار دەكەین جگە لە خێزانی كە ئەو لەناو ئەواندا دەمێنێتەوە.

(٣٣) جا لەو كاتەدا كە نێرراوەكانی ئێمە هاتنە لای لوت ﷺ هەر بە بینیان نیگەرانو دڵ تەنگ بوو وتیان: مەترسەو خەم مەخۆ بەڕاستی ئێمە خۆتو دەستو پێوەندیشت ڕزگار دەكەین جگە لە خێزانت كە لەناو ئەواندا بۆ تامكردنی ئەو سزایە دەمێنێتەوە.

(٣٤) بەڕاستی ئێمە بۆ خەڵكی ئەم جێگەیە لە ئاسمانەوە سزایان بۆ دادەبەزێنین چونكە ئەوان لەخراپە كاری و بێ ڕەوشتیدا لە سنور تێ پەڕیون.

(٣٥) خۆ بەڕاستی ئێمە لەو جێگادا بەڵگەیەكی گەورەو ڕۆشنمان بەجێ هێشت بۆ ئەو گەلەی كە تێدەگەنو لە شت ورد دەبنەوە. ئینجا دەچێتە سەر باسی شوعەیب پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:

(٣٦) خۆ بۆ لای خەڵكی مەدیەنیش شوعەیبی برایانمان ڕەوانەكرد، جا ئەویش بە گەلەكەی وت: الله بپەرستنو لە هاتنی ڕۆژی دوایی بترسنو خراپەكارانە لە زەویدا خراپە بڵاو مەكەنەوە.

(٣٧) ئەوسا ئەوان باوەڕیان پێ نەكرد، جا لەرزەیەكی وا گرتنی كە لەناو ماڵی خۆیاندا چەنو مل كەوتنوهەستو خوستیان لێ بڕاو كەسیان دەرنەچون. ئینجا دێتە سەر باسی عادو سەمود بە كورتیو دەفەرموێ:

(٣٨) خۆ عادی گەلی هود و سەمودی گەلی صالحیشمان لەناو برد بەڕاستی جێگاو ڕێگای ئەوان كەبەناویاندا هاتوچۆ دەكەن ئەوراستیەی بۆ ڕۆشن كردونەتەوەو بەچاوی خۆتان دەی بینن، شەیتان كردارە خراپو نا لەبارەكانیانی بۆ جوان كرد بونو ڕێگای ڕاستی لێ گرتبون، خۆحەقو ناحەقیشیان بە باشی دەناسی بەڵام دوای هەواو ئارەزۆ كەوتن تا بەو ڕۆژە ڕەشە گەیشتن.

وَقَٰرُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَلَقَدْ جَآءَهُم مُّوسَىٰ
بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا كَانُوا۟ سَٰبِقِينَ
(٣٩) فَكُلًّا أَخَذْنَا بِذَنۢبِهِۦ فَمِنْهُم مَّنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِبًا
وَمِنْهُم مَّنْ أَخَذَتْهُ ٱلصَّيْحَةُ وَمِنْهُم مَّنْ خَسَفْنَا بِهِ
ٱلْأَرْضَ وَمِنْهُم مَّنْ أَغْرَقْنَا ۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ
وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (٤٠) مَثَلُ ٱلَّذِينَ
ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ
ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ ۖ
لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ (٤١) إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يَدْعُونَ مِن
دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ (٤٢) وَتِلْكَ
ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ
(٤٣) خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ
لَءَايَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ (٤٤) ٱتْلُ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ
وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ ۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ
وَٱلْمُنكَرِ ۗ وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ (٤٥)

(٣٩) جا قارونو فیرعەونو هامانیشمان لەناوبرد، بەڕاستی موسا بە چەندین بەڵگەی ڕۆشن هاتبوە لایان کەچی ئەوان لەم زەویەدا خۆیان بە گەورە گرتو نەیشیان توانی لە دەستمان دەربچن، بەڵکو هەمویان بە ناچاری گەڕانەوە لای اللَّهُ جا ئەوان لە دنیادا هەر یەکەی بەشێوە سزایەك لەناوبران وەکو دەفەرموێ:

(٤٠) ئەوسا هەریەك لەوانمان بە تاوانی خۆی گرت، جا هەندێکمان بەرد باران کرد وەك گەلی لوتو هەندێکیان بە دەنگێکی توند کە ڕەگی دڵی پارچە پارچە کردن لەناوچوون وەك گەلی سەمودو هەندێکی تریان بە ناخی زەویدا بردمانئە خوارەوە وەکو قارونو هەندێکی ترمان بە ئاو خنکاند وەك فیرعەونو دەستو پێوەندەکەی، جا اللَّهُ ستەمی لەوان نەکرد بەڵام ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد.

(٤١) وێنەی ئەو کەسانەی کە جگە لە اللَّهُ دۆستانێك دەگرن کە یارمەتیان بداتو لە سزای اللَّهُ ڕزگاریان بکات، وەك ئەو جاڵجاڵۆکەیە کە ماڵێك بۆ پاراستنی خۆی دروست دەکات کە بێگومان لاوازترین ماڵ ماڵی جاڵجاڵۆکەیە ئەگەر بزانن. واتە وێنەی ئەوان لەهیچو پوچیو لاوازیدا وێنەی ئەو جاڵجاڵۆکەیە.

(٤٢) بەبێگومان کە اللَّهُ دەزانی بەو شتەی کە جگە لەخۆی دەیپەرستن، وە هەر خۆیەتی تواناو کار بەجێ.

(٤٣) جا ئەوانە وێنە گەلێکن کە ئێمە دەیهێنینەوە بۆ خەڵكو جگە لە زانایان لێیان تێناگەن.

(٤٤) اللَّهُ ئاسمانانو زەوی بۆ مەبەستێکی ڕاستو دروست کردوە، بەڕاستی لەودا بەڵگەیەکی گەورە هەیە بۆ باوەڕداران.

(٤٥) ئەوەی بۆت هاتووە لەم پەڕاوە بیخوێنەوەو بە خەڵکی ڕابگەیەنەو هەستە بە داخوازیەکانی نوێژو ئەنجامی بدە، بەڕاستی نوێژ بەرگری دەکات لە داوێن پیسیو ئیشی ناڕەوا، جا بە دڵنیاییەوە یادی اللَّهُ لە هەمو شت گەورەترە، خۆ اللَّهُ دەزانێت کە چ کارو پیشەیەك ئەنجام دەدەن. لە فەرمودەیکی قودسیدا هاتوە کە پەروەردگار فەرمویەتی: { إِنْ ذَكَرَنِي فِي نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ فِي نَفْسِي وَإِنْ ذَكَرَنِي فِي مَلَإٍ ذَكَرْتُهُ فِي مَلَإٍ هُمْ خَيْرٌ مِنْهُمْ / متفق عليه/ هەر کەسێك لە دڵی خۆیدا یادم بکات منیش لە دڵی خۆمدا یادی دەکەم، وە هەر کەسێکیش لەناو کۆمەڵێکدا یادم بکات من لەناو کۆمەڵێکی چاکتر لەوان یادی دەکەم) ئینجا پەروەردگار دەفەرموێ:

۞ وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِلَّا
ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡۖ وَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَأُنزِلَ
إِلَيۡكُمۡ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمۡ وَٰحِدٞ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴿٤٦﴾
وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَۚ فَٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ
يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۖ وَمِنۡ هَٰٓؤُلَآءِ مَن يُؤۡمِنُ بِهِۦۚ وَمَا يَجۡحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ
إِلَّا ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٤٧﴾ وَمَا كُنتَ تَتۡلُواْ مِن قَبۡلِهِۦ مِن كِتَٰبٖ
وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَۖ إِذٗا لَّٱرۡتَابَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ ﴿٤٨﴾ بَلۡ هُوَ
ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٞ فِي صُدُورِ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَۚ وَمَا يَجۡحَدُ
بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٩﴾ وَقَالُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ
ءَايَٰتٞ مِّن رَّبِّهِۦۖ قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٞ
مُّبِينٌ ﴿٥٠﴾ أَوَلَمۡ يَكۡفِهِمۡ أَنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ
يُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحۡمَةٗ وَذِكۡرَىٰ لِقَوۡمٖ
يُؤۡمِنُونَ ﴿٥١﴾ قُلۡ كَفَىٰ بِٱللَّهِ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡ شَهِيدٗاۖ
يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
بِٱلۡبَٰطِلِ وَكَفَرُواْ بِٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿٥٢﴾

(٤٦) بە شێوەیەکی جوانتر نەبێت لەگەل ئەهلی کیتابدا وتوێژ مەکە جگە لەوانەیان کە ستەمیان کردوە، وە بڵێن ئێمە بەوەی کە ڕەوانەکراوە بۆ لامانو ئەوەیش کە ڕەوانەکراوە بۆلای ئێوە باوەڕمان هێناوەو پەرستراوی ئێمەو پەرستراوی ئێوە یەکەو ئێمە هەر بۆ ئەو گەردن کەچین.

(٤٧) هەر بەو شێوەی کە پەڕاومان ناردوە بۆ گەلانی پێشوو هەرواش ئەم قورئانەمان نارده لای تۆ، جا ئەوانەی کە پەڕاومان پێ دابوون بەم قورئانە باوەڕدەهێنن، چونکە دەزانن ڕاستەو لەلایەن ﷲوە هاتوە. وەکو زانای پایە بەرزی جولەکە عەبدوڵای کوڕی سەلامو ناوداری ناسراو سەلمانی فارسیو وێنەکانیان خۆ لەناو ئەم گەلەی تۆشدا کەسانێك هەن کە باوەڕی پێ دەکەن، ئەوساجگە لە خوا نەناسان هیچ کەسێکی تر نکولی لە ئایەتەکانی ئێمە ناکات.

(٤٨) تۆ لە پێش ئەم قورئانەدا هیچ پەڕاوێکت نەخوێندوەتەوە، وە بە دەستت هیچ شتێکیشت نەنوسیوە، ئەگەر تۆخوێندەوار بویتایەو نوسینت بزانیایە بێ هودە کارو ساختەچییان لەم قورئانەدا دەکەوتنە گومانەوە، بەڵام ئیستا سەبارەت بەراستیو دروستی ئەم قورئانە جێی هیچ گومانێك بۆ مروڤی ژیرو زانا نەماوە.

(٤٩) نەخێر ئەوانە لەسەر بیروڕایەکی هەڵەن ئەم قورئانە ئایەت گەلێکی ڕۆشنن لە دڵی ئەوانەی کە خاوەنی زانستو زانیارین، وە جگە لە ستەمکاران هیچ کەسێکی تر نیە کە نکولی ئایەتەکانی ئێمەدا بکات.

(٥٠) وە بێ بڕوایان دەیان وت: دەبا چەند موعجیزەیەك لە پەروەردگاریەوە دابەزێتە سەری، بڵێ: موعجیزەکان لەلایەن ﷲیەو بە دەست ئەوەو من تەنها ترسێنەرێکی ئاشکرامو ئیشی من هەر ئەوەیە

(٥١) ئایا ئەوە بەس نیە بۆیان کە ئێمە ئەم قورئانە پڕ لە زانایيو داناییەمان ناردووەتە لای تۆی نەخوێندەوار کە دەخوێنرێتەوە بەسەریاندا؟ بێگومان لەم قورئانەدا خەیرو بەزەییو پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ ئەوانەی کە باوەڕ دەهێنن.

(٥٢) بڵێ: ﷲ بەسە کە لە نێوان منو ئێوەدا شایەت بێت لەسەر ڕاستی منو ئەو قورئانە، ئەو بەوەی کە لە ئاسمانانو زەویدا هەیە دەزانێت، جا ئەوانەی کە بە شتی پڕو پوچ باوەڕیان هێناوەو بە ﷲ بێ باوەڕن هەر ئەوانەن دۆڕاوو ڕەنجەڕۆ.

(٥٣) جا ئەوان داوات لێ دەکەن کە ئەو سزاو تۆڵەیەی کە باسی دەکەیت بە پەلە بێتە سەریان خۆ ئەگەر ماوەی

وَيَسۡتَعۡجِلُونَكَ بِٱلۡعَذَابِ وَلَوۡلَآ أَجَلٞ مُّسَمّٗى لَّجَآءَهُمُ ٱلۡعَذَابُ
وَلَيَأۡتِيَنَّهُم بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٥٣﴾ يَسۡتَعۡجِلُونَكَ بِٱلۡعَذَابِ
وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةُۢ بِٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٥٤﴾ يَوۡمَ يَغۡشَىٰهُمُ ٱلۡعَذَابُ
مِن فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِمۡ وَيَقُولُ ذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ
﴿٥٥﴾ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ أَرۡضِي وَٰسِعَةٞ فَإِيَّٰيَ فَٱعۡبُدُونِ
﴿٥٦﴾ كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۖ ثُمَّ إِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ ﴿٥٧﴾ وَٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُبَوِّئَنَّهُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ غُرَفٗا تَجۡرِي
مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ نِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ﴿٥٨﴾ ٱلَّذِينَ
صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٥٩﴾ وَكَأَيِّن مِّن دَآبَّةٖ لَّا تَحۡمِلُ
رِزۡقَهَا ٱللَّهُ يَرۡزُقُهَا وَإِيَّاكُمۡۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٦٠﴾ وَلَئِن
سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ
لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ﴿٦١﴾ ٱللَّهُ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ
عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿٦٢﴾ وَلَئِن سَأَلۡتَهُم
مَّن نَّزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ مِنۢ بَعۡدِ مَوۡتِهَا
لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۚ قُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ ﴿٦٣﴾

دیاری نەبوایە بە دڵنیاییەوە ئەو سزایان بۆ دەهات، وەبەدڵنیاییەوە بەشێوەیەك كە ئەوان هەست پێ نەكەن ئەو سزایە یان بۆ دێت.

﴿٥٤﴾ داوات لێ دەكەن با بەپەلە ئەو سزایە بێت لەحاڵێكدا كە دۆزەخ گەمارۆی خوانەناسانی داوە. بەبێگومان دەكەونە ناویەوە، جا ئەگەر ژیربن چۆن داوای شتی وادەكەن.

﴿٥٥﴾ لە رۆژێكدا كە ئەو سزایە لەسەریانەوەو لەژێریانەوە دایان دەپۆشێت، جا پێیان دەفەرموێ: دەسا بچەژن سزای ئەوەی كە كردو تانە. ئینجا الله روو لەو بەندانەی كە ناتوانن لە جێگاو رێگای خۆیاندا ئایینەكەیان ببەن بەرێوە دەكات و دەفەرموێ:

﴿٥٦﴾ ئەی ئەوبەندانەم كە باوەڕتان هێناوە بەڕاستی زەوی من فرەوانە ئەوسا تەنها بەندایەتی بۆمن بكەن‌و بە جگە لەرێبازی من رازی مەبن جا ئەگەر لە جێ‌و رێی خۆتاندا بۆتان نەكرا كۆچ بكەن‌و لە مردن مەترسن چونكە،

﴿٥٧﴾ هەموو گیان لەبەرێك دەبێت بمرێت پاشان هەربۆ لای خۆمان دەتانهێننەوە.

﴿٥٨﴾ جا ئەو كەسانەی كە باوەڕیان هێناوەو كردار گەلی چاكیان ئەنجام داوە، بەڕاستی لە چەند ژورێكی ناو بەهەشتدا كە لە ژێریاندا چەندین ڕوبار تێ دەپەڕێت جێگەیان دەكەینەوە لە حاڵێكدا بۆ هەمیشە لەناویدا دەمێننەوە، ئای چەند چاكە پاداشتی خەباتكارو تێكۆشەران. جا ئەوانە كێن؟

﴿٥٩﴾ ئەو كەسانەن كە لەسەر ئایین‌و بەندایەتی‌و ئێش‌و ئازارەكانی خۆیان گرتوەو هەر بە پەروەردگاریان پشتیان بەستوە، ئا بۆ ئەوانەیە ئەو خەڵاتە بەرێزە.

﴿٦٠﴾ خۆ زۆرێك لەو جانەوەرانەی كە بەسەر زەویدا دەگەڕێت ڕۆزی خۆی هەڵناگرێت، الله رۆزی بەئەوو بە ئێوەش دەدات، جا هەر ئەوە بیسەری هەموو قسەو زانەری هەموو كردارتانە. واتە: نەكەن لە ترسی مردن‌و رۆزی كۆچ نەكەن چونكە هەموو كەس دەبێت لەكاتی دیاری خۆیدا بمرێت، وە رۆزیدەریش هەر اللهیەو بێ ئاگا نیە لەدروستكراوەكانی لە هەركوێدا بن.

﴿٦١﴾ خۆ ئەگەر پرسیاریان لێ بكەیت كە كێ ئاسمانان‌و زەوی دروستكردوەو كێ خۆرو مانگی بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ ملكەچ كردوە؟ بە دڵنیاییەوە دەڵێن: الله، دەسا چۆن ئەوان لەو ڕاستیە لادەدرێن‌و هاوەڵ بۆ الله دادەنێن؟!

﴿٦٢﴾ اللهیە كە رۆزی فرەوان دەكات بۆ كەسێك كە ئارەزۆی لێ بێت لە بەندەكانی‌و هەر ئەویشە تەنگی دەكاتەوە لێی، بەڕاستی الله زانیاری وردی هەیە لەسەرهەمو شتێك.

﴿٦٣﴾ جا ئەگەر پرسیاریان لێ بكەیت كە كێ لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێت، جا بە هۆی ئەو بارانەوە زەوی پاش ئەوەی وشك‌و بێ گژوگیایە زیندوو دەكاتەوە؟ بە

دڵنیاییەوە دەڵێن: اللّٰه، بەڵێ: تەواوی سوپاس هەربۆ اللّٰهیە، بەڵام زۆربەیان شت فێرنابن‌و بەم هەمو بەڵگەیە لەوە تێناگەن کە ئە بێ هەر ئەو زاتە بپەرستن، چونکە سەردارو سەرپەرشتی هەمو شت هەر ئەوە.

(٦٤) ئەم ژیانەی دنیا جگە لە گاڵتەو گەمە شتێکی تر نیە، بەڕاستی هەر ماڵی دوارۆژە کە جێی ژیانە ئەگەر ئەوان بزانن، چونکە ئەو ماڵی دوارۆژە بە پێچەوانەی ماڵ‌و ژیانی دنیایە ژیانێکی هەمیشەییەو نەداری‌و نەخۆشی‌و مردنی تیدانیە.

(٦٥) جا هەر کاتێك کە سواری کەشتی ببن بە پاڵفتەی‌و بێ غەل‌وغەش لە اللّٰه دەپاڕێنەوەو خۆیان بۆی یەکلا دەکەنەوە، خۆ کاتێکیش کە ڕزگاری دەبن‌و دەگەنە وشکانی کتوپڕ هاوبەش بۆ اللّٰه دادەنێن؟!

(٦٦) تا سەر ئەنجام بێ باوەڕو ناسوپاس بن بەوەی کەپێمان داون، سا با لەم دنیایەدا ڕابوێرن بەم زوانە دەزانن چییان کردوەو چیان لێ دەکرێت.

(٦٧) ئایا نابینن کە (مەکە)مان کردوەبە جێگای ئەمن‌و ئاسایش لە حاڵێکدا کە خەڵکی لە چواردەوری ئەوان دەفرێنرێن وهیچ ئەمن‌و ئاسایشێکیان نیە، دەی ئایا بە شتی پڕوپوچ باوەڕ دەهێنن‌و بە نیعمەتی اللّٰه بێ باوەڕو ناسوپاسن؟!

(٦٨) جا کێ ستەمکارترە لەو کەسەی کە درۆی بە دەمی اللّٰهوە کرد بێ یان باوەڕی بەو ڕاستیە نەکرد بێت کاتێ کە هاتوتە لای؟ ئایا لە دۆزەخدا جێگای کافران نیە؟ واتە: بۆ کوێ دەچن مادام باوەڕ نەهێنن جێی ئەوان هەر دۆزەخە.

(٦٩) جا ئەو کەسانەی کە خەباتیان لەپێناو ئێمەدا کردوە بەڕاستی ئێمەیش شارەزای هەمو بەشەکانی ئەم ئایینەی خۆمانی دەکەین، چونکە چاکەکارەو اللّٰهیش لەگەڵ چاکەکاراندایەو یارمەتیان دەدات‌و کردارەکانیان لێ وەردەگرێت.

وَمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ
لَهِىَ ٱلْحَيَوَانُ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٦٤﴾ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى
ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا
هُمْ يُشْرِكُونَ ﴿٦٥﴾ لِيَكْفُرُوا۟ بِمَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ وَلِيَتَمَتَّعُوا۟ فَسَوْفَ
يَعْلَمُونَ ﴿٦٦﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا جَعَلْنَا حَرَمًا ءَامِنًا وَيُتَخَطَّفُ
ٱلنَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَةِ ٱللَّهِ يَكْفُرُونَ
﴿٦٧﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِٱلْحَقِّ
لَمَّا جَآءَهُۥٓ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٦٨﴾ وَٱلَّذِينَ
جَٰهَدُوا۟ فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٦٩﴾

سُورَةُ الرُّومِ ٣٠ — ٦٠

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓ ﴿١﴾ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ﴿٢﴾ فِىٓ أَدْنَى ٱلْأَرْضِ وَهُم مِّنۢ بَعْدِ
غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ ﴿٣﴾ فِى بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ ٱلْأَمْرُ
مِن قَبْلُ وَمِنۢ بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿٤﴾
بِنَصْرِ ٱللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَآءُ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥﴾

وە ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئەهلی جیهادو تێکۆشان شایستەترین کەسانێکن بەم هیدایەت‌و ڕێنماییە لە لایان اللّٰهـەوە. پێغەمبەر ﷺ لە پێناسەی ئیحسان دا دەفەرموێ:{ أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ / متفق عليه/ ئیحسان ئەوەیە کە بە شێوەیەك بەندایەتی اللّٰه بکەیت وەك ئەوەی ببینیت، جا ئەگەر تۆ نابینیت ئەو ئەو تۆ دەبینێت}

سورەتی روم ٣٠ — ٦٠

ئەم سورەتە کە سورەتی سیهەمی قورئانە، شەست ئایەتە، لەمەکەدا هاتوتەخوارەوە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی هەشتاو چوارهەمەو پاش سورەتی (الانشقاق)و پێش (العنكبوت) دابەزیوە. ئەم سورەتە هەروەك سورەتی پێشوی کە سورەتی عەنکەبوتە بە ﴿الٓمٓ ﴿١﴾﴾ دەست پێدەکات بەڵام لە هەمو سورەتەکاندا کە بە پیتە جیاجیاکان (الحروف المقطعة) دەست پێدەکەن پاش ئەم پیتانە باسی قورئان هاتوە جگە لەم سورەتەو سورەتی پێشوی، وە هەروەها سورەتی قەڵەم، ئەم سورەتە هەر لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺو هاوەڵانی بە سورەتی روم ناوبراوە، وشەی (الروم) لە قورئاندا تەنها یەکجار

وَعْدَ ٱللَّهِ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ
٦ يَعْلَمُونَ ظَٰهِرًا مِّنَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ ٱلْءَاخِرَةِ هُمْ غَٰفِلُونَ
٧ أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِم ۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ
وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ
بِلِقَآئِ رَبِّهِمْ لَكَٰفِرُونَ ٨ أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟
كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً
وَأَثَارُوا۟ ٱلْأَرْضَ وَعَمَرُوهَآ أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَآءَتْهُمْ
رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن كَانُوٓا۟
أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ٩ ثُمَّ كَانَ عَٰقِبَةَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔوا۟ ٱلسُّوٓأَىٰٓ
أَن كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَكَانُوا۟ بِهَا يَسْتَهْزِءُونَ ١٠ ٱللَّهُ
يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ١١ وَيَوْمَ تَقُومُ
ٱلسَّاعَةُ يُبْلِسُ ٱلْمُجْرِمُونَ ١٢ وَلَمْ يَكُن لَّهُم مِّن شُرَكَآئِهِمْ
شُفَعَٰٓؤُا۟ وَكَانُوا۟ بِشُرَكَآئِهِمْ كَٰفِرِينَ ١٣ وَيَوْمَ
تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَتَفَرَّقُونَ ١٤ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَهُمْ فِى رَوْضَةٍ يُحْبَرُونَ ١٥

ئەویش لەم سورەتەدا هاتوە، وتراوە لە ساڵی شەشسەدوبیستی زاینی لە نێوان روم وفارسەکاندا کە دوو زلهێزی ئەو سەردەمە بون شەڕو لەیەکدانێکی وا روی دا کە رومی بەرەو نەمان برد، جا کەسێك گومانی نەدەکرد کە بۆ جارێکی تر رومیەکان بتوان دەسەڵاتی خۆیان بە دەست بهێنن بەڵام هەرلەو سەردەمەدا قورئان باسی ئەم روداوەی کردو پێش بینی ئەوەیشی کرد کە پاش چەند ساڵێك رومیەکان زاڵ دەبنەوە بە سەر فارسەکاندا دیارە لەدوای ئەو تێکشانە گەورەی رومیەکان، هیچ کەس گومانی ئەمەی نەدەکرد، جا بۆیە بێباوەڕانی مەکە دەستیان کرد بەگەمەو گاڵتە پێکردنی قورئان بەڵام لە دوای حەوت ساڵ لەو روداوە ئەوەی کە قورئان باسی لێکرد بو هاتە دیو رومەکان توانیان بەسەر فارسەکاندا سەرکەونو ئەوەی کە بێباوەڕان بە هەلێکیان دەزانی بۆ رەخنەگرتن لە قورئان بو بە بەلگەیەکی تر لە سەر راستی ئەم قورئانەو زیاد بونی ئیمان لە نێو دڵی باوەڕداراندا.

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١)(٢) الیف لام میم. ڕۆمەکان شکێنران

(٣) لە نزمترین زەویدا، بەڵام بەم زوانە سەردەکەونەوە. ڕۆمەکان خاوەنی پەڕاو بون بەڵام فارسەکان بت پەرست بون بۆیە بت پەرستانی مەکە شادمان بونو وتیان: ئێمەیش بەسەر ئێوەدا زاڵ دەبین جا ئەم ئایەتە کەباس لە سەرکەوتنی ڕۆمەکان دەکات دابەزیو موژدەیەك بوو بۆ باوەڕداران.

(٤) لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵدا سەردەکەون، وە هەر بە دەست اللّٰه یە هەمو کاروبار لە پێش سەرکەوتنی ڕۆمەکانو لە پاش سەرکەوتنیشیاندا، هەموی بەئارەزۆو ویستی اللّٰه بوە. وشەی ﴿بِضْعِ﴾ لە سێوەیە تاکو دە. جا کاتێك کە ئەم ئایەتە دابەزی ئەبوبەکر دەرچوو دەگەڕا بەدەوری مەکەداو هاواری دەکرد بە خوێندنەوەی ئەم ئایەتە، هەندێك لە بت پەرستان بە ئەبوبەکریان وت: جائەمە با لەنێوان ئێمەو ئێوەدا بێت، ڕەفیقەکەتان وا گومان دەبات کە ڕۆم لە ماوەی چەند ساڵێکی تردا بەسەر فارسەکاندا سەردەکەون! ئایا نایەیت کە گرەوێك بکەین لەسەری؟ وتی: بەڵێ: ئامادەم جا ئەمە پێش قەدەغە بونی قومار بوە، ئینجا لەگەڵ ئەبوبەکردا گرەویان کردو وتیان: ﴿بِضْعِ﴾ لە سێوەیە تا نۆ ساڵ با لەنێوان ئەوەدا شتێك دیاری بکەین جا شەش ساڵیان دانا، شەش ساڵ ڕۆیی پێش ئەوەی کە سەربکەونو بت پەرستەکان گرەوەکەیان لە ئەبوبەکر وەرگرتو ساڵی حەوتەم ڕۆمەکان سەرکەوتن، جا موسڵمانەکان رەخنەیان لە ئەبوبەکر گرت لەسەر ناوبردنی شەش ساڵ، وتیان: چونکە اللّٰه فەرمویەتی ﴿فِى بِضْعِ سِنِينَ﴾ /الترمذی، حسنه الألباني/ لەنێوان چەند ساڵێکدا) دەڵێ: لەو کاتەدا خەڵکێکی زۆر موسڵمان بون پەروەردگار دەفەرموێ: جا ئەو ڕۆژە باوەڕداران شادمان دەبن،

(٥) بەو یارمەتیەی اللّٰه، کە ئارەزۆی یارمەتی هەر کەسی ببێت دەیکاتو سەری دەخات.

(٦) ئەمە بەڵێنی اللّٰهیەو اللّٰه بەڵێنی خۆی دەباتە سەر بەڵام زۆربەی خەڵك ئەم راستیە نازانن.

(٧) لە ڕواڵەتی ژیانی دنیا ئاگادارن بەڵام ئەوان لە ژیانی دواڕۆژ بێ ئاگان.

(٨) ئایا بیر لە خۆیان ناکەنەوە کە چۆن دروستکراون؟ اللّٰه ئاسمانانو زەویو ئەوەی نێوانیانی تەنها بۆ مەبەستێکی ڕاست وبۆ ماوەیەکی دیاریکراو دروستکردوە، بەڕاستی زۆربەی خەڵك بە گەیشتن بە پەروەردگاریانو حیسابو کیتاب بێ باوەڕن، بەڵام ئەم بێ باوەڕیە هیچ گۆڕانکاریەك بەسەر

بڕیاری ﷲدا ناهێنێتو هەمو بڕیارێکی لەجێگاو کاتی خۆیدا دێتە دی.

(٩) ئایا نەگەڕاون بە ناو ئەم زەویداو ورد ببنەوەو بزانن سەر ئەنجامی ئەوانەی پێش ئەوان چۆن بوەو چییان بەسەر هاتوە؟ کە ئەوان لە توانابیدا لەوان بەهێزتر بونو زەوییان کێڵاوەو زیاتر لەوانیش ئاوەدانیان کردوەتەوەو پێغەمبەرانیان بە بەڵگە گەلێکی ڕونەوە هاتبونە لایان، جا ئەوان بە درۆیان خستنەوەو پاشان تۆڵەیان لێ سەندرا، جا خواﷲ هیچ ستەمێکی لێ نەکردن بەڵام ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردبو، واتە: ژیر بنو لەوانە پەند وەرگرن با وەك ئەوانتان بەسەر نەیەت.

(١٠) پاشان سەرئەنجامی ئەو کەسانەی کە خراپە کێڵ بون دوچاری سزای خراپتر لەوە بون کە کردیان، چونکە ئەوان بێ باوەڕ بون بە ئایەتەکانی ﷲو گاڵتەیان پێ دەکرد.

(١١) هەر ﷲیە لەسەرەتاوە خەڵك دروست دەکات، پاشان پاش مەرگ زیندویان دەکاتەوەو پاشان هەر بۆ لای ئەویش دەتان گێڕنەوە.

(١٢) جا کاتێك کەقیامەت هات تاوانباران نائومێدو مەئیوس دەبنو هیچ بەڵگەیەکیان بۆ وتن پێ نامێنێتو سەرشۆڕ داماودەبن.

(١٣) خۆ لەناو ئەو شەریکانەی کە کردویانن بە هاوبەش بۆ ﷲو چاوەڕوانی شەفاعەتیان لێ دەکردن هیچ شەفاعەت کەرو تکاکارێکیان بۆ نیە بەڵکو لە هاوبەش بونیشیان نکۆڵی دەکەن، ئەوەیە سەر ئەنجامی ئەوانەی کە پەیڕەوی جگە لە ﷲ دەکەن.

(١٤) جا کاتێك کەقیامەت هات هەر لەو ڕۆژەدا بەش بەش دەبنو چاکەکارانو خراپەکاران لەیەك جیا دەبنەوە.

(١٥) جا ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە ئا ئەوانە لە ناو باخچەی بەهەشتدا شادمانو کەیفخۆش دەکرێن.

(١٦) جا ئەوانەیش کە کافر بونو باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمەو گەیشتن بە دواڕۆژیان نەبوە ئەوسا ئەوانە لەناو سزای توندو بەژاندا ئامادە دەکرێن.

(١٧) سا پاكو بێ گەردی بۆ ﷲیە ئەو کاتەی کە ئێوارە دەکەنەوەو کاتێك کە بەیانی دەکەنەوە، دەی لەو دوو کاتەدا ئێوەش تەسبیحاتی ﷲ بکەنو بەپاکی ناوی ببەن.

وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَلِقَآيِٕ ٱلۡأٓخِرَةِ فَأُوْلَٰٓئِكَ
فِي ٱلۡعَذَابِ مُحۡضَرُونَ (١٦) فَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ حِينَ تُمۡسُونَ
وَحِينَ تُصۡبِحُونَ (١٧) وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ
وَعَشِيّٗا وَحِينَ تُظۡهِرُونَ (١٨) يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ
ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَيُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ وَكَذَٰلِكَ تُخۡرَجُونَ
(١٩) وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ إِذَآ أَنتُم بَشَرٞ
تَنتَشِرُونَ (٢٠) وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ
أَزۡوَٰجٗا لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَيۡهَا وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةًۚ
إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ (٢١) وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ وَأَلۡوَٰنِكُمۡۚ إِنَّ
فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡعَٰلِمِينَ (٢٢) وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ مَنَامُكُم بِٱلَّيۡلِ
وَٱلنَّهَارِ وَٱبۡتِغَآؤُكُم مِّن فَضۡلِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ
لِّقَوۡمٖ يَسۡمَعُونَ (٢٣) وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ يُرِيكُمُ ٱلۡبَرۡقَ
خَوۡفٗا وَطَمَعٗا وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَيُحۡيِۦ بِهِ ٱلۡأَرۡضَ
بَعۡدَ مَوۡتِهَآۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ (٢٤)

(١٨) جا تەواوی سوپاس هەر بۆ ئەو زاتەیە لە ناو ئاسمانانو زەویداو ئێوارانو کاتی نیوەڕوانتان. جا لەوکاتانەدا زیکری (سبحان الله و الحمدلله) بەزمان چاکەو پاداشتی زۆرە.

(١٩) هەر ئەو زاتەیە زیندو لە مردو دروست دەکاتو مردویش لە زیندو دروست دەکاتو زەوی پاش وشکیو بێ گژوگیای بە ئاوو گژوگیا زیندوو دەکاتەوە، هەر ئاوایش ئێوە لە گۆڕەکانتان دەردەهێنرێنو زیندو دەکرێنەوە.

(٢٠) جا هەندێك لە بەڵگەکانی دەسەڵاتو هێزی ﷲ ئەوەیە کە ئێوەی لە سەرەتادا لە خاك دروستکرد کە ئادەمی باپیرەتانەو پاشان ئێوەنەم مرۆڤەن کە لەم جیهانەدا پەرتو بڵاو دەبنەوە.

(٢١) هەم لە نیشانەکانی زاناییو دەسەڵاتی ﷲ ئەوەیە کە لە خۆتان هاوسەری بۆ دروستکردون تا بەهۆی ئەوانەوە بحەسێنەوە، وەلە نێوانتاندا خۆشەویستیو سۆزی داناوە تا پێکەوە بە خۆشیو کامەرانی ژیان ببەنە سەر، بەڕاستی لەوەدا چەندین بەڵگە هەیە بۆ گەلێگ کە بیربکاتەوە.

(٢٢) وە لە نیشانەکانی ﷲ دروستکردنی ئاسمانانو زەویو جیاوازی زمانو ڕەنگتانە، بەڕاستی لەوەدا چەندین بەڵگە هەیە بۆ گەلێگ کە زانا بن.

وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَن تَقُومَ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ بِأَمْرِهِۦ ۚ ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ
دَعْوَةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ إِذَآ أَنتُمْ تَخْرُجُونَ ﴿٢٥﴾ وَلَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۖ كُلٌّ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ﴿٢٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ
ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ ۚ وَلَهُ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢٧﴾ ضَرَبَ لَكُم مَّثَلًا مِّنْ
أَنفُسِكُمْ ۖ هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن شُرَكَآءَ فِى
مَا رَزَقْنَٰكُمْ فَأَنتُمْ فِيهِ سَوَآءٌ تَخَافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ
أَنفُسَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٢٨﴾
بَلِ ٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ أَهْوَآءَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۖ فَمَن يَهْدِى مَنْ
أَضَلَّ ٱللَّهُ ۖ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٩﴾ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ
حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ
ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا
يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ۞ مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَٱتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَلَا
تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟
دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾

(٢٣) وە هەر لە نیشانەکانی دەسەڵاتو هێزو زانایی ﷲ چۆنیەتی خەوەکانی شەوو ڕۆژتانە کە دە بێ بە هۆی ئاسودەییو حەسانەوەتانو هەوڵو کۆششتان بۆ بەدەست هێنانی خێرو بەرەکەتی ئەو، بەڕاستی لەوەدا چەندین بەڵگە هەیە بۆ ئەو گەلەی کەگوێدەگرنو دەبیسنو وەردەگرن.

(٢٤) خۆ هەر لە نیشانەکانی دەسەڵاتو قودرەتی ئەوە کە بروسکەتان پیشان دەدات کە ترسی سزای لێ دەکەنو چاوەڕێی خێرو بەرەکەتیشن، وە لە ئاسمانەوە ئاوتان بۆ دەنێرێت جا بەو ئاوە زەوی پاش مردنی بە گژوگیاو روباروکانیاوەکان زیندو دەکاتەوە، بەڕاستی لەوەشدا چەندین بەڵگە هەیە بۆ گەلێگ کە تێدەگەنو ژیری خۆیان پشتگوێ ناخەن.

(٢٥) وە لە نیشانەکانی تری دەسەڵاتو گەورەییو دانایی ﷲ یە کە ئاسمانو زەوی بە فرمانی ئەو وەستاون، ئیتر پاش بینینی ئەم نیشانانە بەچاوی خۆتان جا بزانن کە هەر ئەو زاتە دەتوانێت هەر کاتێك لە ناو زەویدا یەکجار بانگتان بکات بۆ زیندوبونەوە پاش مردن بەکتوپڕی زیندو دەبنەوەو لە گۆڕەکانتان دێنە دەرەوە بۆ مەیدانی مەحشەر.

(٢٦) جا ئەوەی لە ئاسمانانو زەویدایە هەموی هەرموڵکی ئەوەو هەمویشیان ڕامو گەردن کەچی بڕیاری ئەونو ناتوانن لە دەستی حیسابو کیتابی ئەو دەربچن.

(٢٧) خۆ ئەو هەر خۆیەتی کە لە سەرەتاوە مروڤ دروست دەکاتو پاشان پاش مردنیش زیندوی دەکاتەوە، جا ئەو زیندو کردنەوە ئاسانترە لەلای لە دروستکردنی سەرەتایی، سا وێنەو وەسفی بەرزتر لە ئاسمانانو زەویدا هەر بۆ ئەوە و هەر ئەو خۆیەتی بە دەسەڵاتو دانا.

(٢٨) ﷲ لە نەفسی خۆتاندا وێنەیەکتان بۆ دەهێنێتەوە تا بیری لێ بکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرن، ئەویش ئەوەیە کە ئەو بەندانەی کە خۆتان بەدەستتان هێناوە ئایا دەیانکەن بە هاوبەشی خۆتان لەو ماڵەی کە ئێمە پێمان داون، جا ئێوەو ئەوان لەوەدا یەکسان بن، وە ئایا هەر وەك چۆن لەناو خۆتاندا لە یەکتر دەترسن ئاوا لەوانیش دەترسن؟ دیارە ئەوان چونکە موڵکی ئێوەن نایان کەن بە شەریکی خۆتان ئەی کەی ڕەوایە لەموڵکی ﷲ شتانێك بکەن بە هاوەڵو هاوبەش بۆ ﷲو بەندایەتیان بۆ بکەنو فرمانەکانیان جێ بەجێ بکەن؟!ئینجا دەفەرموێ: هەر ئاوەها ئێمە نیشانەکانی خۆمان ڕۆشن دەکەینەوە بۆ ئەو گەلەی کە تێ بگاتو ژیریان بەکار بهێنن.

(٢٩) بەڵام ئەوانەی کە ستەمکارنو پەیڕەوی هەواو هەوەسی خۆیان دەکەن بە بێ ئەوەی کە هیچیش بزانن، جا کێ هەیە کە ڕێنمایی ئەو کەسە بکات کە بەهۆی خراپەی خۆیەوە ﷲ سەری لێ تێکداوە لە حاڵێکدا بۆ ئەوان هیچ یارمەتیدەرێکیش نیە.

(٣٠) ئینجا ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ هەمیشە هەر ڕوو لە ئایین بکەو ڕوو لە هەمو ئایینەکانی تر وەرچەرخێنەو پەیڕەوی ئەوئایینەی ﷲ بکە کە مرۆڤی لە بنەڕەتدا لەسەر ئەو بیرو باوەڕە دروستکردوەو بۆ ئەو ئایینەشی دروستکردونو هیچ گۆڕانکاریەکیش بە سەر دروستکردنی ﷲدا نایەت کە هەر ئەوەیشە ڕێبازو ئایینی ڕاست بەڵام زۆربەی خەڵك نازانن، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:{ مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلَّا يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ كَمَا تُنْتَجُ الْبَهِيمَةُ بَهِيمَةً جَمْعَاءَ هَلْ تُحِسُّونَ فِيهَا مِنْ جَدْعَاءَ في رواية(حَتَّى تكُونُوا أنتم تجدعونها /متفق عليه/ هیچ کەسێك لە دایك نا بێ مەگەر لەسەر فیترەت، جا باوكو دایکی دەیکەن بە جولەکە یان بە گاور یان بە ئاگرپەرست، هەروەکو لە گیانداران بەچکەکانیان

بە بێگەرد لەدایك دەبن ئایا دەبینن لە ناو ئەواندا لوتو گوێ هەڵبچراویكیان تێدا بێت؟ هەتا ئێوە لە پاشدا لوتو گوێیان دەبڕن } وتیان: ئەی پێغەمبەرﷺ ئەی ئەو كەسەی هەر بە منداڵی دەمرێت چۆنە؟ فەرموی {اللَّهُ أعلَمُ بِمَا كَانُوا عَامِلِين/ابوداود. صححه الالباني/ اللَّهُ دەزانێت كە چی دەكن }

دیارە ئەو منداڵانە كە دەچنە بەهەشت بێگومان دەبێ باوەردار بن چونكە لە فەرمودەدا هاتوەكە:{ لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ إِلَّا نَفْسٌ مُؤْمِنَةٌ /النسائي، صححه الالباني/ جگە لەباوەڕدارهیچ كەس ناچێتە بەهەشتەوە}. وە ئەمە بە گوێری باوەڕداربون یان نەبونی دایك و باوك نیە چونكە پێغەمبەرﷺ لە باسی ئەو خەونەی كە بینیویەتی دەفەرموی:{وَأَمَّا الرَّجُلُ الطَّوِيلُ الَّذِي فِي الرَّوْضَةِ فَإِنَّهُ إِبْرَاهِيمُ عليه السلام وَأَمَّا الْوِلْدَانُ الَّذِينَ حَوْلَهُ فَكُلُّ مَوْلُودٍ مَاتَ عَلَى الْفِطْرَةِ / البخاري/ ئەو پیاوە بەرزە كە لە ناو مێرگوزارەكەدا بینیت ئیبراهیم بوو، وە ئەو منداڵانەی كە بە دەوروبەریدا بون هەمو ئەو منداڵانە بون كە لەسەر فیترەت لە دایك بون. وترا: ئەی پێغەمبەر منداڵانی موشریكەكانیش؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: {وَأَوْلَادُ الْمُشْرِكِينَ/ بەڵێ، منداڵانی موشریكەكانیش} ئەم فەرمودەیە بەلگەیە لەسەر ئەوەی كە منداڵی موشریكانیش دەچنە بەهەشتەوەو لێپرسینەوەی لەسەر دایكو باوكی لێ ناكرێت، بەڵام مەبەست بە (فكل مولود) هەمویان نیە واتە: (كُلَّ) لێرەدا عومومو تكرایی ناگەیەنێت بەلكو زۆرینە دەگەیەنێت، واتە: دەگونجێت هەندێ لە منداڵەكان بەهەشتی نەبن وەك چۆن (اللَّهُ) باس لە ئەو بایە دەكات كە بۆ لەناوبردنی گەلی عاد ناردویەتیو دەفەرموێ: ﴿تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ/ ئەو بایە هەموشتێكی لە ناوبرد﴾

دیارە هەمو ئەوانەی لەناو بردوە كە اللَّهُ ویستویەتی لەناوچنو مەبەست بە(كُلَّ) هەموشتێك بەتیكڕا نەبوە، بەلكو(گشتیەكی تایبەتكراوە/ عموم مخصوص) وە لەلایەكی ترەوە لە بەسەرهاتی خدر لە گەڵ موسادا كە لە سورەتی(الكهف)دا هاتوە خدر منداڵیكی كوشتو لە بێباوەڕانی دانا لەكاتێكدا دایكو باوكی باوەردار بون خۆ هەروەها عایشە دەڵێت: پێعەمبەریان بۆ لای جەنازەی منداڵكی ئەنساریەكان بانگ كرد منیش وتم خۆزگەم پێی، چۆلەكەیەكە لە چۆلەكەكانی بەهەشت پێغەمبەرﷺ فەرموی: { أَوْ غَيْر ذَلِكَ يَا عَائِشَة إِنَّ اللَّه خَلَقَ لِلْجَنَّةِ أَهْلًا خَلَقَهُمْ لَهَا وَهُمْ فِي أَصْلَاب آبَائِهِمْ ، وَخَلَقَ لِلنَّارِ أَهْلًا خَلَقَهُمْ لَهَا وَهُمْ فِي أَصْلَاب آبَائِهِمْ /مسلم/ ئایا هەروا بۆیدەچیتو جگە لەوە شتێكیتر نازانیت؟ ئەی عایشە اللَّهُ خەلكێكی داناوە بۆ بەهەشتو هەندێكیشی داناوە بۆ ئاگری دۆزەخ لەكاتێكدا ئەوان هەر لە پشتی باوكیاندا بون، واتە: پێش بەدنیا هاتنیان}

جا ئەم فەرمودەیە بەلگەیە لەسەر ئەوەی بەهەشتی یان دوزەخی منداڵانێك كە هەر بەمنداڵی دەمرن بەپێی باوەڕدار بون یان باوەڕدار نەبونی دایكو باوكیان نیەو دەگونجێت كە منداڵی باوەردارانیش بچێتە ناو دۆزەخەوە، ئێستا پرسیار ئەوەیە كە بەهەشتی یان دۆزەخی بونی ئەم منداڵانە لەسەر چیە؟ لەو فەرمودە بەناوبانگەی كە ئیمامی ئەحمەدو بێجگە لەویش دەیگێڕنەوە هاتوە :كە پێغەمبەرﷺ لەباسی ئەهلی فەترت (اهل الفترة) واتە: ئایینی هیچ كام لە پێغەمبەرەكانیان پێ نەگەیشتوەو هەروەها ئەو كەسانەی كە لە دنیادا شێت بونو عەقڵو دەركی ناسینی چاكو خراپیان نەبوە یان ئەو كەسانەی كە كاتێ ئایینیان پێگەیشتوە ئەوەندە پیر بوون تێگەیشتنی هیچیان نەبوە كە اللَّهُ لە قیامەتدا تاقیان دەكاتەوە، جا هەر كام لەو تاقی كردنەوەیە سەركەوتن دەچنە ناو بەهەشتەوەو ئەوانەی تر كە فرمانی (اللَّهُ) یان جێبەجێ نەكرد دەچنە ناو دۆزەخەوە. وە (الله اعلم) دەگونجێت منداڵانێكیش كە بە منداڵی مردون هەروەك ئەمانە لە قیامەتدا تاقی بكرێنەوە، جا هەر اللَّهُ دەزانێت كە كێ رزگاری دەبێتو كێ توشی ئاگری دۆزەخ دەبێت، جا ئابەم شێوەیە سوپاس بۆاللَّهُ دەتوانرێت هەمو فەرمودەكانو ئایەتەكان لەگەڵ یەكدا یەك بخرێن، ئەمە بۆچونی ئەوانەیە كە بەهەشتی یان دۆزەخی بونی منداڵان هەرلە عیلمی خوای دە زانن و بڕیاری لە سەر نادەن، بەڵام زۆربەی ئەهلی سونەت منداڵی باوەڕدارانو هەروەها بێباوەڕانیش كە پێش لە باڵغ بون دەمرن بە بەهەشتیان دەزانن.

(٣١) گەڕانەوەتان هەر بۆ لای ئەو زاتە دەبێتو لێی بترسنو نوێژ بكەنو لە لەموشریكان مەبن.

(٣٢) لەو كەسانەی كە ئایینەكەی خۆیان بەش بەشكردو بون بە دەستە دەستەی جیاجیا، هەمو دەستەو پێرێكیش هەر بەوەی كە لای خۆیەتی كەیف خۆشە. اللَّهُ داوا لە باوەڕداران دەكات كە بە ناكۆكیو بەش بەشی لە ئایین، خویان نەكەن موشریك، چونكە ئەوە وا دەكات كە هەر كەس بەس حزبو

وَإِذَا مَسَّ ٱلنَّاسَ ضُرٌّ دَعَوْا۟ رَبَّهُم مُّنِيبِينَ إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَآ أَذَاقَهُم
مِّنْهُ رَحْمَةً إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ ﴿٣٣﴾ لِيَكْفُرُوا۟ بِمَآ
ءَاتَيْنَٰهُمْ فَتَمَتَّعُوا۟ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣٤﴾ أَمْ أَنزَلْنَا عَلَيْهِمْ
سُلْطَٰنًا فَهُوَ يَتَكَلَّمُ بِمَا كَانُوا۟ بِهِۦ يُشْرِكُونَ ﴿٣٥﴾ وَإِذَآ أَذَقْنَا
ٱلنَّاسَ رَحْمَةً فَرِحُوا۟ بِهَا وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ
إِذَا هُمْ يَقْنَطُونَ ﴿٣٦﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ
وَيَقْدِرُ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٣٧﴾ فَـَٔاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ
حَقَّهُۥ وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يُرِيدُونَ
وَجْهَ ٱللَّهِ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٣٨﴾ وَمَآ ءَاتَيْتُم مِّن رِّبًا
لِّيَرْبُوَا۟ فِىٓ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ فَلَا يَرْبُوا۟ عِندَ ٱللَّهِ وَمَآ ءَاتَيْتُم مِّن زَكَوٰةٍ
تُرِيدُونَ وَجْهَ ٱللَّهِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُضْعِفُونَ ﴿٣٩﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِى
خَلَقَكُمْ ثُمَّ رَزَقَكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ هَلْ مِن
شُرَكَآئِكُم مَّن يَفْعَلُ مِن ذَٰلِكُم مِّن شَىْءٍ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ
عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٤٠﴾ ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ
أَيْدِى ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٤١﴾

دەستەی خۆی بەحەق بزانێتو ئەوەی کەلەلای حزبەکەی حقو ڕاست بێت هەر ئەوە بەحەق دەزانێت، وە ئەوەی کە حزبەکەی بە خراپی بزانێت بە خراپی دەزانێت، ئیتر ئەوە ڕەوا بێت یان نارەوا، جا ئەمەش مانای هاوەڵدانانە بۆ ﷲ،خوا دەفەرموێ موسڵمان برای یەکترن تۆدەڵێیت: لە ئێمە نیە، چونکە سەربە حیزبەکەت نیە دەی پێم بڵێ لێرە بەگوێی خوات کرد یان بە گوێی حیزبەکەت؟ دەی تاکەی کوێرانە هەنگاو هەڵدەگریت؟ خۆ هەرکاتێمردیت تازە ناگەڕێیتەوە، موسڵمان هەموی یەك حیزبەو خاوەنی یەك بەرنامەیە کەقورئانەودەبێ یەکدەستبن دژ بەدین دوژمنان ئەگەر لەو ڕێگایە لاتدا لە ئیسلامەتی دەردەچیت جا ناوی خۆت چی دەنێی بنێ خوا دەتناسێ.

﴿٣٣﴾ هەر کاتێك تەنگو چەڵەمەیەك هات بە سەر ئەم خەڵکەدا ئەو کاتە بە گەردن کەچیو لە ناخی دڵەوە هاوار دەکەنە پەروەردگاری خۆیان چونکە دەزانن لەو کاتەدا ئەو بتانە هیچیان پێ ناکرێت، پاشان هەر کاتێك سۆزو نیعمەتی ﷲیان بۆ هاتو لەو تەنگانە ڕزگاریان بوو کتوپڕ هەندێکیان هاوبەش دادەنێن بۆ پەروەردگاریان.

﴿٣٤﴾ ئێمە ئەو نیعمەتانەمانە پێدان کە ئاوا بێباوەڕو ناسوپاس بن؟! سا با ڕابوێرن بەم زووانە دەزانن سەر ئەنجامی کردارو ڕەفتارە ناپەسەندەکانتان بە کوێ دەگات.

﴿٣٥﴾ ئایا ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان بەوان داوە کە لەبارەی ئەو شتانەی کە ئەوان دەیکەن بە هاوبەشمان قسە بکات، واتە نەخێر، بەڵکو ئەوان ناحەقو درۆزنن.

﴿٣٦﴾ جا هەر کاتێك ئێمە نیعمەتەکانی خۆمان لە سەروەتو سامانو بارانو تەندروستی بەم خەڵکە ببەخشین شادمانو کەیفخۆشنو لەخۆبایی دەبن بەو نیعمەتانەی کە پێمان بەخشیون، ئەوسا ئەگەر دووچاری بەڵایەك ببن بەهۆی خراپی خۆیانەوە کتوپڕ نائومێد دەبن واتە: کەم کەسانێك هەن کە پەروەردگاری خۆیان بە چاکی بناسنو بزانن کە ژیان بە خۆشییو ناخۆشیەوە دوایی دێتوج خۆشییو ناخۆشی هەردوو بۆ تاقی کردنەوەی مرۆڤەو دەبێ لە کاتی خۆشو ناخۆشی ژیاندا ئاگای لە خۆی بێت، نە بە خۆشی لەخۆبای ببێتو لە سنور دەرچێت، وەنە بە ناخۆشیش بپسێتو زمان درێژی بکات بەرامبەر بە پەروەردگاری، جا بزانێت کە هەموی بەویستی ﷲیە هەروەکو دەفەرموێ:

﴿٣٧﴾ ئایا نازانن کە ﷲ ڕۆزی خۆی بە لێشاوی دەدات بە کەسێك ئارەزۆی لێ بێتو دەیگرێتەوە لە کەسێك کە ئارەزۆی لێ بێت، بەڕاستی لەمەدا چەندین بەڵگە هەیە بۆ گەلێك کە باوەڕ دەکەن،

﴿٣٨﴾ جا ڕوو لەو نیعمەت پێدراوانە دەکاتو دەفەرموێ: سا بەوەی کە خزمە مافی خۆی بدە، هەروەها بەبێ نەوایانو بە ڕێبواران، هەر ئەوە چاکە بۆئەو کەسانەی کە مەبەستیان ڕەزامەندی ﷲیە خۆ هەر ئەوانیشن ڕزگار لە سزاو تۆڵەی پاشەڕۆژ، نەکەن مەبەستتان هەر کۆکردنەوەی سەروەتو سامان بێت بە نەدانی ماف بە خاوەن مافانو پارە بە سوو دان،

﴿٣٩﴾ ئەوەی کە بە سوو دەیدەن بە خەڵك بۆ ئەوەی سەروەتو سامانتانی پێ زیاد بکەن ئەوە لەلای ﷲ زیاد ناکاتو ئەوەی کە بە زەکات دەیدەنو مەبەستان ڕەزامەندی ﷲیە بەڕاستی ئا ئەوانەن کەماڵو سامانی خۆیان زیاد دەکەن، چونکە هەم لە دنیادا ﷲ ڕۆزیان بۆ زیاد دەکاتو هەم لە ڕۆژی قیامەتیشدا پاداشتی چەند بەرانبەریان پێ دەداتەوە کەواتە: ئەوانە بە ماڵ بەخشینو زەکات دان سەروەتو سامانی خۆیان فرەوانتر کرد

قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلُ ۚ
كَانَ أَكْثَرُهُم مُّشْرِكِينَ ﴿٤٢﴾ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ ٱلْقَيِّمِ مِن
قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۖ يَوْمَئِذٍ يَصَّدَّعُونَ ﴿٤٣﴾ مَن
كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُۥ ۖ وَمَنْ عَمِلَ صَـٰلِحًا فَلِأَنفُسِهِمْ يَمْهَدُونَ ﴿٤٤﴾
لِيَجْزِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ مِن فَضْلِهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ
ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٤٥﴾ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَن يُرْسِلَ ٱلرِّيَاحَ مُبَشِّرَٰتٍ وَلِيُذِيقَكُم
مِّن رَّحْمَتِهِۦ وَلِتَجْرِىَ ٱلْفُلْكُ بِأَمْرِهِۦ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ
تَشْكُرُونَ ﴿٤٦﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَآءُوهُم
بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَٱنتَقَمْنَا مِنَ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُوا۟ ۖ وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ
ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِى يُرْسِلُ ٱلرِّيَـٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَيَبْسُطُهُۥ
فِى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ يَشَآءُ وَيَجْعَلُهُۥ كِسَفًا فَتَرَى ٱلْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ
خِلَـٰلِهِۦ ۖ فَإِذَآ أَصَابَ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ
﴿٤٨﴾ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلِ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْهِم مِّن قَبْلِهِۦ لَمُبْلِسِينَ
﴿٤٩﴾ فَٱنظُرْ إِلَىٰٓ ءَاثَـٰرِ رَحْمَتِ ٱللَّهِ كَيْفَ يُحْىِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ
مَوْتِهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٥٠﴾

هەر وەك لەفەرمودەدا هاتوە کە:{مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ/مسلم/ مالّ بەخشین هیچ لە مالّ کەم ناکاتەوە}.

(٤٠) ئەو زاتەیە کە ئێوەی دروستکردوە پاشان ڕزقی پێدان پاشان دەتان مرێنێت دیسان زیندوتان دەکاتەوە، دەی ئایا هیچ کام لە شەریکەکانتان هیچ شتێك لەوانەتان بۆ دەکات، ئەو زاتە بێ عەیبو پاكو بەرزترە لەوەی کە ئێوە دەیانکەن بە هاوبەشی.

(٤١) بەلاّو تەنگانەو وێرانی لە وشکایی‌و لە دەریادا دەرکەوت بە هۆی ئەو ئیشە خراپانەی کە بە دەستی ئەم خەلکە ئەنجامدراوە تا سزای هەندێك لەوانەی کەکردویانە بچەژن بەلکو بیر بکەنەوەو لەو تاوانانە بگەڕێنەوە. خراپەو تاوانی مرۆڤ دەبێت بەهۆی بەلاّو تەنگانەو وەشکە سالّی‌و نەخوشی جۆراو جۆرو دەیان‌و سەدان کارەساتی تر. وە بە پێچەوانەیشەوە بەڕێوەبردنی ئایین‌و دادپەروەری‌و ڕەوشت بەرزی دەبێت بەهۆی خێرو بەرەکەتی زەوی‌و دابەزینی سۆزو نیعمەتی بۆ خەلك. لە فەرمودەدا هاتوە کە پاش کوشتنی دەجال‌و یەئجوج‌و مەئجوج‌و بەڕێوەبردنی یاسای و چەسپاندنی فەرمانەکانی، بە زەوی دەوترێت {أخرجي بَرَكَاتِكِ. فَيَأكُلُ مِن الرُّمَانَةِ الفِئامُ مِن النّاس، وَيَستَظِلُّونَ بِقِحفِها، وَيَكفِي لَبَنُ اللِّقحَةِ الجَماعَةَ مِن النّاس/رواه الترمذي. صححه الالباني / بە زەوی دەوترێت فەڕو بەرەکەتەکانی خۆت دەربدە، جا ئەو کاتە یەك هەنار ئەوندە گەورە دەبێت کە لە یەك هەنار تێرەیە لەخەلك دەخوات‌و بە توێکلەکەی سێبەر دەکەن بۆ خۆیان، وە ئاژەلەکان ئەوندە بەشیر دەبن کە شیری یەك حەیوان بۆ کۆمەلێك خەلك بەسە}. وە هەروەها لە فەرمودەیەکدا هاتوە کە:{أنَّ الفَاجِرَ إِذَا مَاتَ تَستَرِيحُ العِبَادُ وَالبِلادُ، وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُ/النسائي. صححه الالباني / بەبێگومان هەر کاتێك خراپەکار دەمرێت بەندەکان‌و شارەکان‌و درەختەکان‌و ئاژەلانیش پشوویەك دەدەن‌و هەناسەیەکی ئاسودەیی دەکێشن}

(٤٢) بلێ: با بەناو زەویدا بگەڕێن، جا تەماشا بکەن بزانن ئەوانەی پێش ئەوان چییان بەسەرهات کە زۆربەیان هاوبەشیان بۆ خوای گەورە دادەنا؟

(٤٣) جا بەرێكو ڕاستی ڕوو بکەرە ئەم ئایینە بەنرخە پێش ئەوەی کە ڕۆژێك بێت کە هیچ بەربەرج دەرەوەیەك بۆ ئەو ڕۆژە لە لایان وە نیە، کە لەو ڕۆژەدا بەش بەش دەبن

(٤٤) جا هەر کەسێك کافر بێت ئەوە زیانی بێ باوەڕییەکەی تەنها لەسەر خۆیەتی، وە هەر کەسێکیش کاری چاکی کردبێ، ئەوسا ئەوانە جێگای حەسانەوەی چاکیان بۆ خۆیان ئامادەکردوە.

(٤٥) تا لە کەرەمو چاکەی خۆی پاداشتی ئەو کەسانە بداتەوە کە باوەڕیان هێناوەو ئیشی چاکیان کردوە، بەڕاستی ئەو بێ باوەڕانی خۆش ناوێت، جا هەر کەسێ خوا خۆشی نەوێت دە بێ ئەو ژیانەیان چۆن بێت؟

(٤٦) جا هەندێك لە نیشانەی سۆزو نیعمەتی ئەو زاتە ئەوەیە کە بای موژدەدەر بە باران ڕەوانە دەکات تا لەسۆزو میهرەبانی خۆیتان پێ تام بکات، وە تا بەهۆی ئەو بایە کەشتیەکان بە فرمانی بەناو دەریادا هاتوچۆ بکەن، جا تا ئێوەیش فەڕو خێری ئەو بە دەست بهێنن‌و بەو ئومێدە کە ئێوە سوپاسی بکەن‌و سپلەو نمەك نەناس نەبن.

(٤٧) جا بەڕاستی پێش تۆ پێغەمبەرانێکی زۆرمان بۆ لای گەلەکانیان ڕوانە کردوە، جا ئەوانیش بە بەلگانێکی ڕوونەوە چوونەتە لایان‌و پەیامی خوایان پێگەیاندون بەلاّم گەلەکەیان باوەڕیان پێ نەهێناون، جگە لە ژمارەیەکی کەم ئینجا لەو کەسانەی کە تاوانیان کردبوو تۆلەمان سەند، وە ئەوانەی کە باوەڕیان هێنا بوو ڕزگارمان کردن، چونکە یارمەتیدانی باوەڕدارانمان لەسەر خۆمان پێویست کردوە.

(٤٨) ئەو زاتەیە کە با ڕەوانە دەکات، جا ئەویش هەور جموجۆل پێ دەکات ئەوسا لە ئاسماندا چۆنی ئارەزۆی لێ بێت ئەو هەورە پان‌و بلاّو دەکاتەوەو پارچە پارچەیشیان دەکات، ئەوسا دەبینی لەنێوان ئەو هەورەدا دلۆپ دلۆپ باران دێتە دەرەوە، جا هەر کاتێك ئەو بارانە بدات لە هەر کەسێك لە بەندەکانی خۆی کە ویستی لە سەر بێ کتوپڕ ئەوان موژدەی خۆشی بە یەکتر دەدەن‌و شادمان دەبن.

(٤٩) ئەگەر چی ئەوان پێش ئەوەی کە ئەو بارانەیان بۆ ببارێت پێش ئەوە زۆر نائومێد ببون.

(٥٠) دەی تەماشای شوێنەواری سۆزی بکە بزانە چۆن ئەو زەویەی پاش وشکی‌و بێ گژوگیای‌و مردویی زیندوی کردەوە کە ئەمە هەمیشە لەبەر چاوتاندایەو دەیبینن بێگومان ئەو زاتەی کە ئەوانە دەکات مردویش زیندو دەکاتەوە. خۆ ئەو بەسەر هەمو شتێکدا زۆر بەتوانایە.

وَلَئِنْ أَرْسَلْنَا رِيحًا فَرَأَوْهُ مُصْفَرًّا لَّظَلُّوا۟ مِنۢ بَعْدِهِۦ يَكْفُرُونَ
﴿٥١﴾ فَإِنَّكَ لَا تُسْمِعُ ٱلْمَوْتَىٰ وَلَا تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا وَلَّوْا۟
مُدْبِرِينَ ﴿٥٢﴾ وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِ ٱلْعُمْىِ عَن ضَلَٰلَتِهِمْ ۖ إِن تُسْمِعُ إِلَّا
مَن يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُم مُّسْلِمُونَ ﴿٥٣﴾ ۞ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم
مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ
قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْقَدِيرُ ﴿٥٤﴾
وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقْسِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا۟ غَيْرَ سَاعَةٍ ۚ
كَذَٰلِكَ كَانُوا۟ يُؤْفَكُونَ ﴿٥٥﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ وَٱلْإِيمَٰنَ
لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْبَعْثِ ۖ فَهَٰذَا يَوْمُ ٱلْبَعْثِ
وَلَٰكِنَّكُمْ كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٥٦﴾ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ
ظَلَمُوا۟ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٥٧﴾ وَلَقَدْ ضَرَبْنَا
لِلنَّاسِ فِى هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ ۚ وَلَئِن جِئْتَهُم بِـَٔايَةٍ
لَّيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُبْطِلُونَ ﴿٥٨﴾ كَذَٰلِكَ
يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٩﴾ فَٱصْبِرْ إِنَّ
وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ﴿٦٠﴾

﴿٥١﴾ جا بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئێمە بایەك بنێرین کە زۆر سارد یان زۆر گەرم بێت کە ئەو دەغڵەیان زەرد هەڵبگەڕێنێت‌و بیگەنێنێت‌و وشکی بکات، بەڕاستی بە دوای ئەودا دەست بە گلەیی‌و زمان درێژی‌و ناسزای دەکەن. وەك ئەوەی کە هیچ چاکەیەکیان لە گەڵدا نەکرابێت، بەڕاستی ئەم جۆرە کەسانە مردون‌و زیندوکردنەوەیان ئەستەمە.

﴿٥٢﴾ بۆیە پەروەردگار دەفەرموێ: بەڕاستی تۆ ناتوانیت بەم مردووانە ببستێنی‌و ناتوانی ئەم بانگە بە کەڕ بگەیەنیت، هەر کاتێك کە ئەوان گوێت پێ نەدەن‌و پشتت تێ بکەن.

﴿٥٣﴾ جا تۆ ناتوانیت ڕێ نمونیکەری کوێر بیت بۆ ڕزگاری کردنیان لە گومڕایی، تۆ تەنها بەو کەسانە دەتوانی ببیستێنی کە باوەڕ بە نیشانەکانی ئێمە دەکەن ئەوسا خۆ هەر ئەوانن گەردن کەچی فرمانەکانمان دەبن.

﴿٥٤﴾ اللّٰه ئەو زاتەیە کە ئێوەی لە سەرەتادا لە لاوازییەوە دروستکردوە پاشان ئەو لاوازیەی گۆڕی بە هێزو تواناو کردنی بە مرۆڤی تەواو پاشانیش دوای بەهێز بونتان لاوازی کردنەوە بە هۆی پیریەوە، جا ئەو زاتە هەرچی ئارەزۆ بکات دروستی دەکات خۆ هەر ئەو خۆیەتی زاناو بە توانایە بۆ ئەنجامدان وهێنانە دی هەمو ویستەکانی.

﴿٥٥﴾ جا ئەو ڕۆژەی کەقیامەت هات تاوانباران سوێند دەخۆن کە لە دنیادا ساتێکی کەم ماونەتەوە، دەیانەوێت بەم سوێندە خۆیان ڕزگار بکەن کە گوایە ئەوەندە لە دنیادا نەژیاوین تا لە ئایین تێ بگەین، کەواتە: بێ تاوانین جا وەك لێرەدا ئاوا درۆ دەکەن لەدنیایشدا هەر ئاوەها بە درۆو دەلەسە لە ڕێگای ڕاست لادران.

﴿٥٦﴾ خۆ ئەو کەسانەی کە زانست‌و ئیمانیان پێدراوە دەڵێن: بەڕاستی ئێوە بەو ئەندازەی کە لەلایەن اللّٰهوە بۆتان دانراوە لە دنیادا ماونەوە کە دەتانتوانی بۆ بەختەوەری ئەم ڕۆژە کەڵکتان لێ وەربگرتایە، بەڵام ئەوەتان نەکرد تا گەیشتن بەم ڕۆژی زیندوبونەوە، جا ئەمە ڕۆژی زیندوبوونەوەیە بەڵام ئێوە نەتان دەزانی. واتە ئەگەر دەتوانن با زیندو نەبنەوە تا حیسابتان لەگەل دا نەکەین.

﴿٥٧﴾ ئەوسا ئەمڕۆ ئەوانەی کە ستەمیان کردوە، بەهانەکانیان هیچ سوودیان پێ ناگەیەنێت، خۆ داوای گەڕانەوەو پەشیمان بونەوەیشیان لێناکرێت و ڕێگایشیان پێ نادرێت بۆ گەڕانەوە بۆ دنیا.

﴿٥٨﴾ جا بەڕاستی لەم قورئانەدا بۆ خەڵك وێنەی جۆراو جۆرمان هێنایەوە، بەڵام ئەوان هیچ سوودێکیان لێ وەرنەگرت. وە بەڕاستی هەر بەڵگەیەکیان بۆ بهێنی، ئەوان بە ئێوە دەڵێن: ئێوە هەر ساختەچین‌و جگە لە قسەی پڕو پوچ شتێکی ترتان لا نیە.

﴿٥٩﴾ هەر ئاوەها اللّٰه دڵی ئەو کەسانەی کە نایانەوێت ڕاستی بزانن مۆر دەکات، جا ئیتر چاك‌و خراپ لەیەك جیا ناکەنەوە.

﴿٦٠﴾ جا ئارامت بێ‌و دان بە خۆتدا بگرە چونکە زۆر نابات کە ئەوان لەناو دەچن بێگومان ئەوە بەڵێنی اللّٰهیە، جا با ئەوانەی کە یەقینیان بە ڕۆژی قیامەت نیە لە ڕێگای ڕاست لات نەدەن‌و سوکت نەکەن.

٣١ سورەتی لوقمان ٣٤

سورەتی لوقمان کە سورەتی سیویەکەمی قورئانە، سیو چوار ئایەتە، لە مەکە دا هاتوەتە خوارەوە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی پەنجاوحەوتەمەو پاش سورەتی (الصافات)و پێش (سبأ) دابەزیوە. وشەی (لقمان) دوو جار لە قورئاندا هاتوە ئەویش تەنها لەم سورەتەدایە کە ناوی یەکێك لە پیاوچاکان بوە کە بەزانایی‌و دانایی وەسف کراوەو هەندێکیش پێیان وایە یەکێکە لە پێغەمبەران.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەلیف، لام، میم.

(٢) ئەمانە ئایەت گە لێکن لەم پەڕاوە پڕ لە ژیری‌و داناییەدا.

(٣) کە ڕێنمونیکەرو خەیر وخۆشبەختی دنیاو دوارۆژە بۆ چاکەکاران.

(٤) ئەو کەسانەی کە نوێژ دەکەن‌و زەکات دەدەن لەحاڵێکدا کە هەر ئەوانەن کە یەقینیان بە ڕۆژی قیامەت هەیە.

(٥) ئەوانن کە لەسەر ڕێنماییین لەلایەن پەروەردگاری خۆیانەوەو هەر ئەوانیشن ڕزگاربووان.

(٦) لەحاڵێکدا هەندێك لە خەڵك قسەی پڕوپوچ دەکڕن تا بەوە خەڵك لە ڕێگای ﷲ لا بدەن بە بێ ئەوەی بزانێ کەبەوبازرگانیەی چ زیانێکی لەخۆی‌و لەخەڵك داوە تا بەم شێوەیە گاڵتە بە ڕێگای ﷲ بکات، بۆئا ئەوانە هەیە سزای زەبونکەرو گاڵتەپێکەر، چونکە ئەوانە گاڵتە بە ئاینی ئیسلام‌و قورئان دەکەن. ئیبنو مەسعود سەبارەت بە ﴿لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ﴾ دەڵێت:{ الغِنَاءُ واللهِ الذّي لا إلَهَ إلا هُو، يُرَدِّدُها ثَلاثَ مَرَاتٍ/ابن ابي شيبة، والحاكم، البيهقي وقال الحاكم : " صحيح الإسناد " ووافقه الذهبي وقال الالباني: هو كما قالا وصححه ابن القيم / سوێند بەو زاتەی کە هیچ پەرستراوێکی بەحق جگە لەو نییە ئەوە گۆرانیە، وە سێ جاریش ئەمەی دووبارە کردەوە.} وە

٣١ سُورَةُ لُقۡمَانَ ٣٤

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
الٓمٓ ﴿١﴾ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡحَكِيمِ ﴿٢﴾ هُدٗى وَرَحۡمَةٗ
لِّلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٣﴾ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم
بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ ﴿٤﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٥﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ
لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ
عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴿٦﴾ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا وَلَّىٰ مُسۡتَكۡبِرٗا
كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَا كَأَنَّ فِيٓ أُذُنَيۡهِ وَقۡرٗاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٧﴾
إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ جَنَّٰتُ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨﴾
خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٗاۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٩﴾ خَلَقَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ وَأَلۡقَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ
بِكُمۡ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖۚ وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا
مِن كُلِّ زَوۡجٖ كَرِيمٍ ﴿١٠﴾ هَٰذَا خَلۡقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا
خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦۚ بَلِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿١١﴾

ئیبنو عباس وجابر وعیکرەمەو سەعیدی کوڕی جوبەیرو مجاهیدو مەکحول وعەمری کوڕی شوعەیب‌و حەسەنی بەصری خوا لێیان ڕازی بێت هەروا دەڵێن. خۆ پێغەمبەری خواش ﷺ پێمان ڕادەگەیەنێت کە لە ئاخر زەماندا گەلانێك بەکارهێنانی ئامێرەکانی مۆسیقا بە حەڵاڵ دەزانن‌و دەفەرموێ:{ لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِي أَقْوَامٌ يَسْتَحِلُّونَ الْحِرَ وَالْحَرِيرَ وَالْخَمْرَ وَالْمَعَازِفَ./ البخاري/ لە ئومەتی من گەلانێك دەبن کە زیناو هەورێشم‌و شەراب‌و گۆرانی‌و ئامێرەکانی مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن}

ڕاستت فەرموە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وا ئەمڕۆ ئێمە بەچاوو گوێی خۆمان دەیبینین‌و دەیبیسین. لە فەرمودەیەکی تردا هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {لَا تَبِيعُوا الْقَيْنَاتِ وَلَا تَشْتَرُوهُنَّ وَلَا تُعَلِّمُوهُنَّ وَلَا خَيْرَ فِي تِجَارَةٍ فِيهِنَّ وَثَمَنُهُنَّ حَرَامٌ فِي مِثْلِ هَذَا أُنْزِلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ وَمِنْ النَّاسِ مَنْ يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ /الترمذي. حسنه الالباني/ ئافرەتە گۆرانی بێژەکان نەبفرۆشن‌و نەبکڕن‌و نەفێری گۆرانیان بکەن، جا بازرگانی بەوانە هیچ سودێکی تێدا نیەو پارەکەیان حەرامە، لەبارەی شتی وەك

وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا لُقْمَٰنَ ٱلْحِكْمَةَ أَنِ ٱشْكُرْ لِلَّهِ وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا
يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ ﴿١٢﴾ وَإِذْ قَالَ
لُقْمَٰنُ لِٱبْنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ إِنَّ ٱلشِّرْكَ
لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ
وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَٰلُهُۥ فِي عَامَيْنِ أَنِ ٱشْكُرْ لِي وَلِوَٰلِدَيْكَ
إِلَيَّ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٤﴾ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ
لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا
وَٱتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم
بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٥﴾ يَٰبُنَيَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ
خَرْدَلٍ فَتَكُن فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوْ فِي ٱلْأَرْضِ يَأْتِ
بِهَا ٱللَّهُ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴿١٦﴾ يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأْمُرْ
بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱنْهَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَ إِنَّ ذَٰلِكَ
مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴿١٧﴾ وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي ٱلْأَرْضِ
مَرَحًا إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿١٨﴾ وَٱقْصِدْ فِي مَشْيِكَ
وَٱغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ ٱلْأَصْوَٰتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ ﴿١٩﴾

ئەوەوە ئەم ئایەتە دابەزیوە﴿لەحاڵێكدا هەندێك لە خەڵك قسەی پڕوپوچ دەكرن تا بەوە خەڵك لە ڕێگای اللَّهُ لا بدەن... تاكۆتایی ئایەتەكە﴾ } جا ئەمەش تەفسیری پێغەمبەر ﷺ بو بۆ ئەم ئایەتە، وردبەرەوە گوڵەبەرۆژەكان نەتخەڵتێنن .

(٧) جا هەر كاتێك ئایەتو نیشانەكانی ئێمەی بە سەردا بخوێنرێتەوە بە لوت بەرزی و فیزەوە پشتی تێ دەكات، وەكو ئەوەی كە نەیبیستبێت، جا هەر وەك ئەوەی كە لەناو گوێی دا بارێكی گران هەبێت، سا تۆ موژدەی بدەرێ بە سزایەكی پڕ ئێشو ژان، چونكە لە دنیادا بە بیستنی قورئان گوێی ژانی دەكردو پشتی تێدەكردو سەر گەرمبوو بە گاڵتەو گەمەو گوێدان بەقسەی پڕوپوچەوە جا ئەمرۆش بەوشێوەیە سزا دەدرێت.

(٨) بێگومان ئەوانەی كە باوەڕیان هێناوەو كرداری چاكیان كردووە، بۆ ئەوانە باخچە گەلی پڕ خێرو بێر هەیە

(٩) كە هەمیشە تێیدا دەمێننەوە، بەڵێنی اللَّهُیەو ڕاستەو دێتە دیو هەر خۆیەتی زۆر بە تواناو كاربەجێیە.

(١٠) اللَّهُ ئاسمانانی بە بێ كۆڵەكەیەك كە بیبینن دروست كردوەو چیاكانی تێدا داناوە تا بە هۆی ئەوانەوە زەوی جموجوڵتان پێ نەكات، خۆ هەمو جانەوەرێكیشی تێدا بڵاوكردوەتەوە، جا لە ئاسمانەوە ئاومان ناردووەتە خوارەوە، ئەوسا لەهەمو جوتێكی زەریفمان تێیدا ڕواندوە. ئەمانە هەموی بۆئێمەی مرۆڤ تابیناسینو بەندایەتی بكەین، بەداخەوە زۆربەی مرۆڤ سپڵەو نمەك نەناسە.

(١١) ئەمە دروستكراوی اللَّهُیە، جا ئادەی پیشانم بدەن بزانم پەرەستراوانی جگە لەو چییان دروستكردوە؟ بەڵكو ستەمكاران لە گومڕاییەكی ئاشكرادان. ئینجا خواباسی لوقمان دەكاتو دەفەرموێ:

(١٢) بەڕاستی دانایمان بەخشی بە لوقمان كە وتمان: سوپاسی اللَّهُ بكەو هەر كەس سوپاسی بكات سوودی بۆ خۆیەتیو هەر كەسێكیش سپڵە بێت ئەویش هەر زیانی لە خۆی داوە چونكە بەڕاستی اللَّهُ بێ نیازو سوپاسكراوە چی تۆ سوپاسی بكەیت یان نەیكەیت.

(١٣) باس بكە بۆیان ئەو كاتەی كە لوقمان ئامۆژگاری كوڕەكەی كردو پێی وت: ئەی كوڕە بچكۆلەكەم هاوەڵ دانەنێیت بۆ اللَّهُ بەڕاستی هاوەڵ دانان ستەمێكی گەورەیە.

(١٤) ئەوسا ئامۆژگاری مرۆڤمان كردوە كە لەگەڵ باوكو داكیدا چاك بێو دڵیان نەشكێنێت بەتایبەت دایك كە ئەوی هەڵگرتوەلە سكیدا، جا بەو حەملەوە لاوازیو سەختی یەك بەدوای یەكی بەسەردا هاتوە. وە بڕانەوەیشی لە شیر لە دوای دووساڵدا، جا پێمان وت: سوپاسی من بكەو سوپاسی باوكو دایكیشت، سەرئەنجام هەر دێنەوە بۆلای من. وەك لێرەو لە چەند ئایەتێكی تری قورئان دا هاتوە پاش فرمان بە سوپاسی پەروەردگار، فرمان دەدات كە سوپاسی دایكو باوك بكرێت. ئەمە ماف پێدانە یان لەساڵێكدا ڕۆژێكی هەبێ؟

(١٥) جا ئەگەر هەوڵیاندا لەسەر ئەوەی كە تۆ بیكەیت بە هاوبەشی من ئەوەی كە هیچ زانیاریەكت لەبارەویەوە نیە بە گوێیان مەكەو لە ژیانی دنیادا بە چاكی لەگەڵیاندا ڕەفتار بكە، جارێگەی ئەو كەسە بگرە كە بۆ لای من

دەگەڕێتەوە، پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای منەو ئەوسا پێتان دەڵێم ئەوەی کە کردوتانە، تۆ لەسەر چاکەی خۆتو ئەوانیش لەسەر خراپەی خۆیان هەر یەکەتان مافی خۆی وەردەگرێت، چاك بەچاكو خراپ بەخراپ.

(١٦) ئەی کوڕە بچکۆلەکەم ئەگەر ئەو کردارە خراپە بە ئەندازەی تۆیی خەرتەلەیەك بێت، جا لەناو بەردێکدا شاردرابێتەوە یان لەناو ئاسمانەکان یان لەناو ئەم زەویەدا بێت ﷲ دەیهێنێتە ڕوو، بێگومان کە ﷲ وردبینو زۆر بە ئاگایە.

(١٧) ئەی کوڕە بچکۆلەکەم نوێژ بکەو فرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپە بکەو خۆبگرە لەسەر ئەوی کە دوچاری دەبێت بە هۆی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزەتەوە بێگومان ئەوە لەکارە پێویستو گرنگەکانە.

(١٨) جا بە فیزەوە ڕووت لە خەڵك وەرمەگێڕەو بە لوت بەرزیەوە بەسەر زەویدا مەڕۆ بێگومان کە ﷲ ئەوانەی خۆش ناوێت کە بە ڕێ دا بە لارەو لەنجەوە دەڕۆنو لەخۆ ڕازین.

(١٩) لە ڕۆیشتندا میانڕەوبەو لە قسە کردنیشدا هێواش بە و دەنگت لە ئەندازەی پێویست بەرز مەکەرەوە، چونکە ناشیرینترین دەنگ دەنگی گوێدرێژە. پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:{إذا سَمِعتُم صِيَاحَ الدِّيكَةِ فَاسأَلُوا اللهَ مِن فَضلِهِ، وَإذا سَمِعتُم نَهِيقَ الحَمِيرِ فَتَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنَ الشَّيطَانِ الرَّجِيمِ فَإنَّها رَأَت شَيطَاناً/متفق علیه/ هەر کاتێك گوێتان لە دەنگی کەڵەشێر بوو داوای خێرو بەرەکەت لە ﷲ بکەن، وە هەر کاتێکیش گوێتان لە دەنگی گوێدرێژ بوو پەنا بگرن بە ﷲ لە شەڕی شەیتانو بڵێن: اعوذ بِاللهِ مِنَ الشَّيطَانِ الرَّجِيمِ، چونکە ئەو شەیتانی بینیوە بۆیە سەڕاندویتی).

(٢٠) ئایا ئەتان بینیوە کە ﷲ ئەوەی کە لەناو ئاسمانەکاندایەو ئەوەش کەلەناو زەویدایە هەموی رامو گەردن کەچ کردوە بۆتانو خێرو بەرەکەتی ئاشکراو نهێنی خۆی بە لێشاو پێداون، کەچی هێشتا هەندێك لە خەڵك هەن کە لە بارەی زاتی ﷲوە بەبێ زانیاریو بەبێ ڕێنمایی،

أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَأَسْبَغَ
عَلَيْكُمْ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً ۗ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِى ٱللَّهِ
بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَٰبٍ مُّنِيرٍ (٢٠) وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُوا۟
مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوا۟ بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ أَوَلَوْ كَانَ
ٱلشَّيْطَٰنُ يَدْعُوهُمْ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ (٢١) ۞ وَمَن يُسْلِمْ
وَجْهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ ۗ
وَإِلَى ٱللَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ (٢٢) وَمَن كَفَرَ فَلَا يَحْزُنكَ كُفْرُهُۥٓ ۚ
إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ فَنُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ
(٢٣) نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلًا ثُمَّ نَضْطَرُّهُمْ إِلَىٰ عَذَابٍ غَلِيظٍ (٢٤)
وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ
ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (٢٥) لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ (٢٦) وَلَوْ أَنَّمَا فِى ٱلْأَرْضِ
مِن شَجَرَةٍ أَقْلَٰمٌ وَٱلْبَحْرُ يَمُدُّهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ
مَّا نَفِدَتْ كَلِمَٰتُ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٢٧) مَّا خَلْقُكُمْ
وَلَا بَعْثُكُمْ إِلَّا كَنَفْسٍ وَٰحِدَةٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ (٢٨)

وە بە بێ ئەوەش کەپەڕاوێکی ڕۆشنکەرەوەی بە دەستەوە بێت دەمەدەمە دەکاتو دژایەتی ئایین دەکات.

(٢١) خۆ هەر کاتێکیش بەوان بوترێت: پەیڕەوی ئەوە بکەن کە ﷲ ناردویەتی، دەڵێن نەخێر، ئێمە هەر پەیڕەوی لەوە دەکەین کە باوباپیرانمان لەسەری بون، ئایا هەر ئاوەها گێلو گەمژە دەبن با شەیتانیش بانگیان بکات بۆ سزای ئاگر؟!

(٢٢) ئەوسا هەر کەسێك بە تەواوی ڕوو بکاتە ﷲ لەحاڵێکدا ئەو چاکەکار بێت بەڕاستی ئەوە دەستی گرتوە بە دەستەیەکی زۆر بتەوومحکەمەوەو سەرئەنجامی هەمو کاروبارێکیش هەر بۆ لای ﷲ یە.

(٢٣) جا هەر کەسێکیش بێ باوەڕو خوانەناس بو با ئەو کوفرو خوانەناسی ئەوە خەمبارت نەکات، گەڕانەوەیان هەر بۆ لای ئێمەیە، ئەوسا هەواڵیان پێ دەدەین بەوەی کە کردویانە، بەڕاستی ﷲ زۆر زانەرە بەوەی کە لەناو دڵەکاندایەو هیچی لێ ون نابێت.

(٢٤) کەمێك خۆشییان پێ دەدەین لەدنیادا، پاشان ناچاریان دەکەین بۆ سزایەکی دژوارو سەخت.

أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ
وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى وَأَنَّ ٱللَّهَ
بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ﴿٢٩﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ
مِن دُونِهِ ٱلۡبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٣٠﴾ أَلَمۡ تَرَ أَنَّ
ٱلۡفُلۡكَ تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِنِعۡمَتِ ٱللَّهِ لِيُرِيَكُم مِّنۡ ءَايَٰتِهِۦٓۚ إِنَّ
فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّكُلِّ صَبَّارٖ شَكُورٖ ﴿٣١﴾ وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوۡجٞ
كَٱلظُّلَلِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ
فَمِنۡهُم مُّقۡتَصِدٞۚ وَمَا يَجۡحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا كُلُّ خَتَّارٖ كَفُورٖ
﴿٣٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡ وَٱخۡشَوۡاْ يَوۡمٗا لَّا يَجۡزِي وَالِدٌ
عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوۡلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِۦ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ
حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ
ٱلۡغَرُورُ ﴿٣٣﴾ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ
وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡأَرۡحَامِۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٞ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗاۖ
وَمَا تَدۡرِي نَفۡسُۢ بِأَيِّ أَرۡضٖ تَمُوتُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرُۢ ﴿٣٤﴾

٣٠ سُورَةُ السَّجۡدَةِ ٣٢

(٢٥) خۆ ئەگەر لەوان بپرسیت کە کێ ئاسمانانو زەوی دروست کردوە؟ بە بێ دوودڵی دەڵێن: اللە، بڵێ: سوپاس بۆ اللە، بەڵکو زۆربەیان راستی نازانن.

(٢٦) ئەوەی لە ئاسمانانو زەویدایە مولکی اللەیە، بەبێگومان اللە هەر خۆیەتی بێ نیازو سوپاسکراو.

(٢٧) جا ئەگەر ئەوەی لەناو زەویدایە لە دارو درەخت هەرهەمووی قەڵەم بێتو ئەم دەریایەی کەدەیناسن ئەگەر حەوت دەریای تری لەگەڵدا بێت هەمووی مورەکەب بێت بۆ نوسینی وشەکانی اللە هێشتا هەر وشەکانی اللە تەواو نابێت، بەڕاستی اللە بە تواناو کارزانە. ئەمە تێمان دەگەیەنێت کەناسینی بەتەواوی و حەقیقەتی زاتو سیفەتەکانی اللە لەسنوری عەقڵی مرۆڤ بەدەرەو لەبەر ئەوە دە بێ پەیرەوی لەرێنماییەکانی زاتی خۆیو پێغەمبەرەکەی بکەین بۆ ناسینیان ئەوەتە باشترینی بەندەکان کە پێغەمبرمانە ﷺ لەدوعایەکیدا دەفەرموێ:{لاَ أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ، أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ/ النسائي وغيره،صححه الالباني/ بەو شێوەی کەخۆت ستایشو سەنای خۆتت کردوە ناتوانم ستایشت بکەم}

(٢٨) بۆ اللە دروستکردنو زیندوو کردنەوەی هەموتان وەك یەك کەس وایە، بەڕاستی اللە بیسەری هەمو ڕازو نیازەکانتانەو بینەری هەمو کێشەو کارەکانتانە.

(٢٩) ئایا نەت بینیوە کە اللە شەو دەخاتە ناو ڕۆژەوەو ڕۆژیش دەخاتە ناو شەوەوەو خۆرو مانگی رام کردوە کە هەمویان هاتوچۆ دەکەن هەتا ماوەیەکی دیاریکراو، خۆبێگومان کەاللە زۆر ئاگادارە بەوەی کە دەیکەن.

(٣٠) هەمو ئەوانە بەهۆی ئەوەیە کە بێگومان هەر زاتیاللەیە کە ڕاستەو ئەوانەی کە دەیانپەرستن جگە لەو شتانی پوچو بێ کەڵکن، جابێشك کە اللە هەر خۆیەتی بڵند مەقامو گەورە.

(٣١) ئایا نەت بینیوە کە لەناو دەریادا کەشتی هاتوچۆ دەکات بەهۆی نیعمەتی اللەوە تا هەندێك لە بەڵگەکانی دەسەڵاتو زانایی خۆیتان پیشان بدات، بەڕاستی لەوەدا چەندین بەڵگە هەیە بۆ پەندو ئامۆژگاری لێ وەرگرتن بۆ هەمو زۆر خۆڕاگری فرەسوپاسگوزار. جا هەر کاتێك شەپۆلی دەریا وەکو چیاکان بدات بە سەریاندا زۆر بە پاڵفتەیو دور لەشیرکەوە هاوار دەکەنە اللە بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات.

(٣٢) جا هەر کاتێکیش اللە ڕزگاری کردنو گەیاندنیە وشکایی، ئەوسا هەندێکیان لە نێوان باوەڕو بێ باوەڕیدانو هەندێکی تریان هەر لەسەر بێ باوەڕیو ناسوپاسی دەمێننەوە، ئەوسا جگە لە هەمو خیانەتکارێکی بێ باوەڕی سپڵە کەسێکی تر نکۆلی لە نیشانەکانی ئێمە ناکات.

(٣٣) ئەی خەڵکینە خۆتان لە توڕەییو ڕقی پەروەردگارتان بپارێزنو لە ڕۆژێك بترسن کە نە هیچ باوکێك باری تاوانی فەرزەندی هەڵدەگرێتو نە هیچ فەرزندێکیش تۆڵەدەرەوەیە لەجیاتی باوکیدا، بەڵکو هەر کەس هەڵگری باری تاوانی خۆیەتیو کەس لە جیاتی کەسدا سزا نادرێت، بێگومان کە بەڵێنی اللە دێتەجێ، جا با ژیانی دنیا فریوتان نەدات، وە ئاواتی نابەبەجێو نادروستی شەیتان بە بەخشندەی اللە فریوتان نەدات کە بە چاوەڕوانی بەخشینی اللە دەست بدەنە گوناحو تاوان.

(٣٤) بەڕاستی زانینی کاتی هاتنی قیامەت هەر لەلای اللهیەو کەسی تر هیچی لێ نازانێت، وە عیلمو زانستی ناردنە خوارەوەی بارانو وردکرنەوەی بەتنۆك تنۆکیو بون بە مایەی بەرەکەت یان بەڵا بۆ خەڵك هەر لای ئەوە، وە ئەو دەزانێت لە ناو منداڵداندا چی هەیەو چۆن منداڵێکی لێ دەگیرسێت، تەواو یان کەم ئەندام، چاك یان خراپ، بەهەشتی یان دوزەخی، فەقیر یان دەوڵەمەند، وەهەمو ئەو شتانەی کە جگە لەالله کەسی تر هیچ ئاگایەکی لێ نیە. خۆ هیچ کەسێك نازانێت بەیانی چی دەکاتو چی دێتە ڕێگایو چی بەسەر دێت لە خۆشیو ناخۆشیەکان و کەسیش نازانێت کە لە چ زەویەکدا دەمرێت بەبێگومان الله زۆر زاناو ئاگادارە بەهەمونهێنیەکان. پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم پێنجانەی بە کلیلی نهێنیەکان داناوە کە دەفەرموێ:{ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ خَمْسٌ إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَدًا وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ}ماناکەی هەمان مانای ئایەتەکەیەو پێویست بە نوسینی دووبارەناکاتەوە.

(٣٢) سورەتی سەجدە (٣٠)

سورەتی سەجدە کە سورەتی سیو دووهەمی قورئانە، سی ئایەتەو لە مەکەدا هاتووەتە خوارەوە، هەندێك وتوویانە جگە لە سێ ئایەتیو هەندێکی تر وتوویانە پێنج ئایەت لە ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ ... تاکو... وَقِيلَ لَهُمْ ذُوقُوا عَذَابَ النَّارِ الَّذِي كُنتُم بِهِ تُكَذِّبُونَ ﴾، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی حەفتاو سێهەمەو پاش سورەتی (النحل)و پێش (نوح) دابەزیوە. لە سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ : {كَانَ يَقرَأُ فِي صَلاةِ الفَجرِ يَومَ الجُمعَةِ، ﴿الٓمٓ ١ تَنزِيلُ الْكِتَابِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ وە ﴿هَلْ أَتَىٰ عَلَى الْإِنسَانِ ...﴾ / واتە: لە نوێژی بەیانی ڕۆژی جومعەدا سورەتی سەجدەو سورەتی ئینسانی خوێندوە} لەم سورەتەدا لەو شتە نهێنیانە ﴿مَفَاتِحُ الْغَيْبِ ﴾ کە تەنها لە عیلمی پەروەردگارن باس دەکات کە لە کۆتای سورەتی پێشو واتە سورەتی لوقمان دا بە کورتی ناوبراون.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
الٓمٓ (١) تَنزِيلُ الْكِتَابِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ الْعَالَمِينَ
(٢) أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ ۚ بَلْ هُوَ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوْمًا
مَّا أَتَاهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ (٣) اللَّهُ
الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ
ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ ۖ مَا لَكُم مِّن دُونِهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا شَفِيعٍ ۚ أَفَلَا
تَتَذَكَّرُونَ (٤) يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ
إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ (٥) ذَٰلِكَ
عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (٦) الَّذِي أَحْسَنَ
كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ ۖ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنسَانِ مِن طِينٍ (٧) ثُمَّ جَعَلَ
نَسْلَهُ مِن سُلَالَةٍ مِّن مَّاءٍ مَّهِينٍ (٨) ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ
مِن رُّوحِهِ ۖ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ ۚ قَلِيلًا
مَّا تَشْكُرُونَ (٩) وَقَالُوا أَإِذَا ضَلَلْنَا فِي الْأَرْضِ أَإِنَّا لَفِي
خَلْقٍ جَدِيدٍ ۚ بَلْ هُم بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ كَافِرُونَ (١٠) ۩ قُلْ يَتَوَفَّاكُم
مَّلَكُ الْمَوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ (١١)

بەناوی الله ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەلیف،لام، میم.

(٢) هیچ گومانی تێدا نیە کە دابەزینی ئەم قورئانە لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوەیە

(٣) بەڵکو ئەوان دەڵێن: ئەوە درۆیەو خۆی هەڵی بەستوە، نەخێر ئەو پەڕاوە ڕاستەو لەلایەن پەروەردگارتەوەیە تا بەهۆی ئەوەوە گەلێك بترسێنیت کە لە پێش تۆدا هیچ ترسێنەرێك نەهاتوەتە لایان بەڵکو ئەوان ڕێگای ڕاست بدۆزنەوە.

(٤) الله ئەو زاتەیە کە ئاسمانانو زەویو ئەوەی کە لە نێوانیاندا هەیە لە شەش ڕۆژدا دروستی کردوە، پاشان لەسەر تەختی فرمانڕەوایەتی خۆی بەو شێوەی کە شایانی ئەو زاتە بێت وەستا، کە جگە لەو زاتەش هیچ یارمەتیدەرو تکاکارێکتان نیە کە لە سزای ئەورۆژەی کەپێی دەگەن ڕزگارتان بکات، ئایاهەروا لاسارو دژ بە خوا دەبنو بەم پەڕاوە تەمێ نابنو بیر ناکەنەوەو سوودی لێ وەربگرن؟!

وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلْمُجْرِمُونَ نَاكِسُوا۟ رُءُوسِهِمْ عِندَ رَبِّهِمْ
رَبَّنَآ أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَٱرْجِعْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ
﴿١٢﴾ وَلَوْ شِئْنَا لَءَاتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَىٰهَا وَلَٰكِنْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ
مِنِّى لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١٣﴾
فَذُوقُوا۟ بِمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَآ إِنَّا نَسِينَٰكُمْ
وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْخُلْدِ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾ إِنَّمَا يُؤْمِنُ
بِـَٔايَٰتِنَا ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا۟ بِهَا خَرُّوا۟ سُجَّدًا وَسَبَّحُوا۟ بِحَمْدِ
رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ۩ ﴿١٥﴾ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ
عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ
يُنفِقُونَ ﴿١٦﴾ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ
بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾ أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا
لَّا يَسْتَوُۥنَ ﴿١٨﴾ أَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمْ
جَنَّٰتُ ٱلْمَأْوَىٰ نُزُلًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فَسَقُوا۟
فَمَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ كُلَّمَآ أَرَادُوٓا۟ أَن يَخْرُجُوا۟ مِنْهَآ أُعِيدُوا۟ فِيهَا وَقِيلَ
لَهُمْ ذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلنَّارِ ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢٠﴾

(٥) اللّٰه ئەو زاتەیە کە هەمو کاروبارەکان لە ئاسمانەوە بۆ زەوی بەڕێوە دەبات، پاشان لە ڕۆژێکدا کە بە گوێرەی ژمارەی ئێوە هەزار ساڵە جبرەئیلو فریشتەکانی تر کە لەگەڵیدان بەرز دەبنەوە بۆ لای ئەو جێگاو مەقامەی کە دیاریکراوە بۆیان. تێبینی: لە سورەتی (مەعارج)دا دەفەرموێ: ﴿فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ﴾ مەعارج: ٤/ لە ڕۆژێکدا کە ئەندازەی پەنجا هەزار ساڵە﴾ دەگونجێت ڕۆژەکانی هاتنی قیامەتو مانەوە لەو کاتانەدا هەندێ ڕۆژی هەزارو هەندێکی تری پەنجا هەزار ساڵ بێت، یان جۆری سزای بێ باوەڕان پەنجا جۆر بێتو لەهەر جۆرێکیشدا هەزار ساڵ بمێنێتەوە. والله أعلم.

(٦) ئەوزاتێکە زانەری نادیارو دیارەکانەو زۆر بە توانای بێنیهایەت میهرەبانە.

(٧) ئەو زاتە کەسێکە هەمو شتێکی بە جوانی دروستکردوە، خۆ لەسەرەتاشدا مرۆڤی لە قوڕ دروستکرد.

(٨) پاشان نەوەی ئەوی لە دەرهێنراو لە ئاوێکی سوکی بێ نرخ دروستکرد.

(٩) پاشان ڕێكو پێکی کرد، وە لە گیانی خۆی فووی بەو لەشەدا کردو مادەی بیستنو بینینو دڵی پێدا، ئێوە بە کەمی سوپاسگوزارنو زۆرترتان سپڵەو خوانەناسن.

(١٠) جا دەڵێن: ئایا ئێمە ئەگەر لەناوی زەویدا پتوترکاینو شوێنەوارمان نەما، تازە دەبینەوە بە دروستکراوێکی نوێ؟! نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەوان باوەڕیان بە گەیشتن بە پەروەردگارو زیندووبوونەوە نیە، جا اللّٰه دەم کوتیان دەکاتو دەفەرموێ:

(١١) ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئەو فریشتەی کە ئێوەی پێ سپێرراوە بۆ مراندنتان هەر ئەوە بە فرمانی اللّٰه دەتان مرێنێت پاشان دەبرێنەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆتانو تۆڵەو پاداشتی کردارەکانتان دەداتەوە.

(١٢) جا ئەگەر تۆ دەت دی ئەو کاتەی کە تاوانباران داماوو سەرشۆڕن لەخزمەت پەروەردگاریانداو دەیان وت: ئەی پەروەردگارمان وا ئێستا ئێمە فەرمودەی تۆمان بەچاکی بینیو بیستمان دەی بمانخەرەوە سەر زەوی، ئیتر کاری باش دەکەین، چونکە بەڕاستی ئێمە بە زیندوو بوونەوەو حیساب یەقینمان پەیدا کرد، جا دەت زانی کە ئەوان بەدەستی خۆیان چۆن ژیانی هەمیشەیی خۆیان بەباد داوەو بۆهەمیشەش شەرمەندەو رسوان

(١٣) ئەگەر حەزمان لێ بووایە هەموو کەسمان دەخستە سەر ڕێگای ڕاست، (بەڵام ئەوە ناکەین چونکە خەڵکمان بۆ تاقیکردنەوە دروست کردوەو دەبێت خۆیان سەر پشك بکرێن تا بە کەیفی خۆیان چاکە یان خراپە هەڵبژێرن) ئەوسا بڕیاری ئێمە دێتە دی کە وتمانە: بێگومان دۆزەخ پڕ دەکەین لە تەواوی جنۆکەو مرۆڤ.

(١٤) جا بەهۆی ئەوەی کە گەیشتن بەم ڕۆژەتان لە بیر چوبو، ئەوسا ئێمەیش ئەمڕۆ لەوسزایەدا ئێوەلەبیرخۆمان دەبەینەوە جاپێیان دەوترێت: دەبچەژن سزای هەمیشەیی بەهۆی ئەو کردارەی کە کردوتانە. ئینجا پەروەردگار تێمان دەگەیەنێت کە چ کەسانێك باوەڕ بەم قورئانە دەهێنێنو دەفەرموێ:

١٥ هەر ئەوانە باوەڕ بە نیشانەکانی ئێمە دەهێنن کە هەر کاتێك بەو نیشانانەی ئێمە ئامۆژگاری بکرێن سەریان دەخەنە سەر زەوی بە سوجدەبردن، خۆ لەگەڵ سوپاسکردنی پەروەردگاریان بە پاكو بێ عەیبی یادی دەکەن، جا ئەوان خۆیان بە زل ناگرنو لەبەندایەتی کردن بۆخوا شەرم ناکەن.

١٦ ئەو کەسانەن کە بۆ بەندایەتی ﷲ لە شەودا لە پێخەفەکانیان دێنە دەرەوەو لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە لە کاتێکدا کە ترسیان هەیە لە سزاو چاوەڕوانی بەهەشتیش دەکەن، وە لەوەی کە پێمان داون دەبەخشن.لەفەرمودەدا هاتوە کە موعاز دەڵێ لەسەفەرێکدا لەخزمەت پێغەمبەرﷺ دا بوم رۆژێك لێی نزیك بومو دەرۆیشتین وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کردارێکم پێ بڵێ کەبمخاتە بەهەشتەوەو دورم بخاتەوە لەئاگر، فەرموی: {لَقَدْ سَأَلْتَنِي عَنْ عَظِيمٍ وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ يَسَّرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ تَعْبُدُ اللَّهَ وَلَا تُشْرِكْ بِهِ شَيْئًا وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ وَتَصُومُ رَمَضَانَ وَتَحُجُّ الْبَيْتَ ثُمَّ قَالَ أَلَا أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَابِ الْخَيْرِ الصَّوْمُ جُنَّةٌ وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الْخَطِيئَةَ كَمَا يُطْفِئُ الْمَاءُ النَّارَ وَصَلَاةُ الرَّجُلِ مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ قَالَ ثُمَّ تَلَا تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنْ الْمَضَاجِعِ حَتَّى بَلَغَ يَعْمَلُونَ ثُمَّ قَالَ أَلَا أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الْأَمْرِ كُلِّهِ وَعَمُودِهِ وَذِرْوَةِ سَنَامِهِ قُلْتُ بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ رَأْسُ الْأَمْرِ الْإِسْلَامُ وَعَمُودُهُ الصَّلَاةُ وَذِرْوَةُ سَنَامِهِ الْجِهَادُ ثُمَّ قَالَ أَلَا أُخْبِرُكَ بِمَلَاكِ ذَلِكَ كُلِّهِ قُلْتُ بَلَى يَا نَبِيَّ اللَّهِ فَأَخَذَ بِلِسَانِهِ قَالَ كُفَّ عَلَيْكَ هَذَا فَقُلْتُ يَا نَبِيَّ اللَّهِ وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِهِ فَقَالَ ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ يَا مُعَاذُ وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ أَوْ عَلَى مَنَاخِرِهِمْ إِلَّا حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ /الترمذوغيره.صححه الالباني/ بەراستی لەبارەی شتێکی گەورەوە پرسیارت کرد، خۆ ئەوە ئاسانیشە لەسەر ئەو کەسەی کە خوا بۆی ئاسان بکات،خودا بپەرستەو هیچ هاوبەشێکی بۆ دامەنێ ونوێژ بکەو زەکات بدەو رۆژوی رەمەزان بگرەو حەجی بەیت بکە، پاشان فەرموی:ئایا هەمو دەرگاکانی چاکەت پیشان بدەم؟ رۆژو قەڵغانە وچاکە تاوانەکان دەکوژێنێتەوەهەروەك چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە، وە نوێژی پیاو لەناوی شەودا .وتی: پاشان﴿ئەوکەسانەن کەبۆ بەندایەتی ﷲ لە شەودا لە پێخەفەکانیان دێنەدەرەوە . تا گەیشتە. کردارەی کە کردوویانن﴾ی خوێندەوە،پاشان فەرموی: ئایا پێت بڵێم بەسەری ئەم کارەو کۆڵکەو سەنگەری هەرە بەرزی؟وتم:بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی:سەری ئەم کارە ئیسلامەو کۆڵەکەکەی نوێژەو سەنگەری هەرە بەرزیشی جیهادە، پاشان فەرموی: ئایا پێت بڵێم ئەوەی کە ئەمانە هەموی بتەوو بەهێز دەکات؟وتم بەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ جازمانی خۆی گرت، فەرموی: ئەمە بگرە، جا وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺئایا ئێمە تۆڵەمان لێوەردەگیرێت لەسەر ئەو قسانەی کە بەو دەیکەین؟جا فەرموی: لەباری دایکت چی ئەی موعاز ئەی خەڵکی جگە لەسەر قسەکانی زمانیان چی ترە کەبە دەموچاویان یان بەسەرلوتیاندا دەیانخاتە ناو ئاگرەوە؟}ئینجا دەفەرموێ:

١٧ ئەوسا هیچ مرۆڤێکی چاك نازانێ کە چیی بۆ پەنهان کراوە لەوانەی کەدڵ خۆشکەرو چاو ڕۆشنکەرەوەن بۆی کەپاداشتێکی گەورەیە بەهۆی ئەو کردارە چاکانەی کە دەیکەن. لەپێغەمبەرەوە ﷺ هاتوە کە موسا عليه السلام پرسیاری لە پەروەردگاری کردو وتی:{یَارَبِّ مَا أدنَى أهلِ الجَنَّةِ مَنزِلَةً قَال: هُوَ رَجُل يَأتِي بَعدَ مَايَدخُلُ أَهلُ الجَنَّةِ الجَنَّةَ فَيُقَالُ لَهُ أدخُلِ الجَنَّةَ فَيَقُولُ: اي رَبِّ كَيفَ وَقَد نَزَلَ النَّاسُ مَنَازِلَهُم وَأَخَذُوا أَخذَاتِهِم فَيُقَالُ لَهُ أَتَرضَى أَن يَكُونَ لَكَ مِثل مُلكِ مَلِكٍ مِن مُلُوكِ الدُّنيَا فَيَقُولُ: رَضِيتُ رَبِّ فَيَقُول: لَكَ ذَلِكَ وَمِثلَهُ وَمِثلَهُ مَعَهُ وَمِثلَهُ وَمِثلَهُ وَمِثلَهُ وَمِثلَهُ فَقَال: فِي الخَامِسَةِ رَضِيتُ رَبِّ فَيُقَالُ هَذَا لَكَ وَعَشرَةُ أَمثَالِهِ وَلَكَ مَا اشتَهَت نَفسُكَ وَلَذَّت عَينُكَ فَيَقُولُ: رَضِيتُ رَبِّ قَالَ: رَبِّ فَأَعلاها مَنزِلَةً؟ قَال: أولَئِكَ الَّذِينَ أرَدتُ غَرَستُ كَرَامَتَهُم بِيَدِيَّ وَخَتَمتُ عَلَيهَا فَلَم تَرَ عَينٌ وَلَم تَسمَع أُذُنٌ وَلَم يَخطُر عَلَى قَلبِ بَشَرٍ – قَالَ وَمِصدَاقُهُ مِن كِتَابِ الله قَولُهُ تَعَالى ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم ... ﴾ /مسلم/ ئەی پەروەردگارم لاخوار ترین جێگای خەڵکی بەهەشت کامەیە؟ فەرموی: پیاوێکە پاش ئەوەی کە خەڵکی بەهەشت چوونە بەهەشتەوەو هەر کەس جێگای خۆی گرت، دێتو پێی دەوترێت: بچۆرە بەهەشتەوە، جا ئەویش دەڵێت: ئەی پەروەردگارم چۆن بچمە بەهەشتەوە بەڕاستی خەڵك جێگای خۆیان گرتوەو بەشی خۆیان

وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَدْنَىٰ دُونَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَكْبَرِ
لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢١﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ
أَعْرَضَ عَنْهَآ ۚ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴿٢٢﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا
مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَلَا تَكُن فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآئِهِۦ ۖ وَجَعَلْنَٰهُ
هُدًى لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٢٣﴾ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ
بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا۟ ۖ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يُوقِنُونَ ﴿٢٤﴾ إِنَّ رَبَّكَ
هُوَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ
﴿٢٥﴾ أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْقُرُونِ
يَمْشُونَ فِى مَسَٰكِنِهِمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ ۖ أَفَلَا يَسْمَعُونَ
﴿٢٦﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا نَسُوقُ ٱلْمَآءَ إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلْجُرُزِ فَنُخْرِجُ
بِهِۦ زَرْعًا تَأْكُلُ مِنْهُ أَنْعَٰمُهُمْ وَأَنفُسُهُمْ ۖ أَفَلَا يُبْصِرُونَ ﴿٢٧﴾
وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْفَتْحُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٨﴾
قُلْ يَوْمَ ٱلْفَتْحِ لَا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِيمَٰنُهُمْ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ
﴿٢٩﴾ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَٱنتَظِرْ إِنَّهُم مُّنتَظِرُونَ ﴿٣٠﴾

سُورَةُ الأَحْزَابِ ٣٣ — ٧٣

وەرگرتوە، جا پێی دەوترێت: ئایا ڕازی دەبیت کە بە ئەندازەی سامانی پاشایەك لە پاشاکانی دنیات هەبێت؟ ئەویش دەڵێ: ئەی پەروەردگارم ڕازیم، جا پەروەردگار پێی دەفەرموێ: ئەوە بۆ تۆو ئەوەندەو ئەوەندەی تریشی لەگەڵ بێت ئەوەندەی ئەوو ئەوەندەی ئەوو ئەوەندەی ئەوو ئەوەندەی ئەو، ئەوسا لە جاری پێنجەمدا وتی: ئەی پەروەردگارم ڕازیم، جا پێی دەفەرێ: ئەمە بۆ تۆو دە ئەوەندەی ئەویش‌و هەرچیش ئارەزۆی دەکەیت‌و چاوت پێی خۆشە بۆت هەیە، جا دەڵێت: ئەی پەروەردگارم ڕازیم، موسا وتی: ئەی پەروەردگارم ئەی لاژوورترین جێگاکامەیە؟ فەرموی: ئەوانەی کە هەڵمبژاردوون کە بە دەستی خۆم کەرەم‌و ڕێزم بۆ چاندوون‌و سەرم مۆرکردوە کە هیچ چاوێك نەیبینیوەو هیچ گوێیەك نەیبیستوەو نەهاتوە بە دڵی هیچ مرۆڤێکیشدا) پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ئەوەی کە ئەم ڕاستیەش دەسەلمێنێ لە پەڕاوی ﷲدایە ﴿ئەوسا هیچ مرۆڤێکی چاك نازانێ کە چیی بۆ پەنهان کراوە لەوانەی کە دڵ خۆشکەرو چاو ڕۆشنکەرەوەن بۆی کە پاداشتێکی گەورەیە بەهۆی ئەو کردارە چاکانەی کە دەیکەن﴾ }

﴿١٨﴾ ئایا ئەو کەسەی کە باوەڕی هێناوە وەکو ئەو کەسەیە کە لە ڕێگای ﷲ لای داوە؟ (نەخێر) وەکو یەك نین. ئینجا جیاوازیەکانیان باس دەکات‌و دەفەرموێ:

﴿١٩﴾ جا ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە ئەوسا بە بەباخچەکانی جێگای دانیشتن‌و مانەوەو حەسانەوە ئەوانە پێشوازیان لێ دەکرێت‌و ڕێزیان لێدەگیرێت ئەوەش بەهۆی ئەو کردارانەی کە کردویانن.

﴿٢٠﴾ بەڵام ئەوانەی کە لە دژایەتی کردنی ﷲو پێغەمبەرﷺو ئیسلامدا لە سنوور دەرچوون جێگایان ئاگرەو هەر کاتێك بیانەوێت لەو دەربچن دووبارە دەیانگێڕنەو بۆ ناوی‌و پێیان دەوترێ: بچەژن سزای ئەو ئاگرەی کە ئێوە باوەڕتان پێی نەبوو.

﴿٢١﴾ جا بێگومان پێتان دەچەژێنین لە سزای ئەم دنیایە پێش هاتنی سزای گەورەی دوارۆژ بەڵکو بگەڕێنەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست.واتە: سزای دنیا بۆ ئەوەیە کەخەڵکی پەندی لێوەربگرێت‌و پێی خۆشبەخت ببێت.

﴿٢٢﴾جا کێ هەیە ستەمکارتر لەو کەسەی کە بە نیشانەکانی پەروەردگاری ئامۆژگاری بکرێت پاشان ئەو پشتی تێ بکات؟ بەبێگومان کە ئێمە تۆڵە لە ستەمکاران وەردەگرین‌و لەبیرمان ناچن.

﴿٢٣﴾ بەڕاستی تەوراتمان دا بە موسا جا تۆ گومانت نەبێت لە پێ گەیشتن‌و بینینی ئەو (مەبەست پێ گەیشتنی پێغەمبەرمان ﷺبە موسا لە شەوی میعراجدایە، یان پێ گەیشتنی تەورات بۆ موسا یان پێ گەیشتنی تۆ بۆ ئەم قورئانە)خۆ ئەومان کردوە بە ڕێنمونیکەری نەوەی ئیسرائیل.لەفەرمودەدا هاتوە کەپێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: { مَرَرْتُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِي عَلَى مُوسَى بْنِ عِمْرَانَ عَلَيْهِ السَّلَام رَجُلٌ آدَمُ طُوَالٌ جَعْدٌ كَأَنَّهُ مِنْ رِجَالِ شَنُوءَةَ /مسلم/ ئەو شەوەی کە شەوڕەویم پێکرا دام بەلای موسای کوڕی عیمراندا سەلامی خوای لێبێت پیاوێکی گەنم ڕەنگی درێژی قژ کرژ بو هەروەکو پیاوانی شەنوئە وابو}.

(٢٤) جا لەناو ئەواندا بەهۆی ئەوەی کە خۆیان گرت لەسەر ئێش‌و ئازارو بەردەوام بوون لەسەر گەیاندنی تەورات‌و بەجێ هێنانی فرمانەکانی، پێشەوا گەلێکمان دانا جا ئەوان دڵنیابون بە نیشانەکانی یەکتاپەرستیی‌و تواناو هێزی ئێمە.

(٢٥) بەراستی پەروەردگارت هەر خۆیەتی لە ڕۆژی قیامەتدا لە یەکیان جیا دەکاتەوەو بە هەر کەسێك بەرهەمی کرداری خۆی پێ دەدات‌و تێیان دەگەیەنێت کە کامیان ڕاست بوون لەو شتانەی کە نارێك بوون لەسەری لەدنیادا.

(٢٦) ئایا ئەو هەمو خەڵکەی پێش ئەمان کە بە جێگاو ڕێگای ئەواندا هاتوچۆ دەکەن‌و بە چاوی خۆیان دەبینن کە چۆن لەناومان بردن نابن بەهۆی ڕێنمایی‌و ژیر بوونی ئەمان؟ بەڕاستی لەوەدا چەندین بەڵگە هەیە لەسەر هێزو دەسەڵاتی ئێمە ئایا داستانی بەسەرهاتی گەلان‌وپەیامی ئەم پێغەمبەرەی ﷺ ئاخر زەمان نابیسن؟واتە ژیربن‌و بانگەوازی ئەم پەیامە ببیسن‌و بەچاکی وەری گرن تا دوچاری سزاکانی وەك ئەوان نەبن.

(٢٧) ئایا نابینن کە ئێمە ئاو دەنێرین بۆ ئەو زەویانەی کە وشك‌و بێ گژوگیاو بێ ئاون، ئەوسا بەو شینایی‌و کشت‌وکاڵ دەروێنین کە خۆیان‌و ماڵاتەکانییان لێی دەخۆن، ئایا ئەمە بە چاوی خۆیان نابینن؟ دەی چاو بکەنەوەو ڕاستیەکان ببینن تاگرفتار نەبن.

(٢٨) خۆ دەڵێن: ئەگەر ڕاست دەکەن کەی کاتی ئەم جیا کردنەوەی ئێمەو ئێوە دێت؟

(٢٩) بڵێ: ڕۆژی جیاکردنەوە کە هات تازە باوەڕ هێنانی خوانەناسان هیچ سوودێکیان پێ نادات‌و ماوەیشیان پێ نادرێت بۆ پەشیمان بوونەوەو بەهانە هێنانەوە.

(٣٠) جا تۆ پشتیان تێ بکەو چاوەڕوانبە بۆ فرمانی پەروەردگارت بێگومان کەئەوانیش چاوەڕوانی مردنی تۆ دەکەن وا دەزانن بەمردنی تۆ کۆتای بەم پەیامە دێت، سا با دڵنیا بن کە سەر ئەنجامی چاك هەر بۆ پارێزکارانەو خوانەناسان بەشیان هەر لەناوچون‌و نەمانە جا با هەردوولا چاوەڕوانبن.

(٣٣) سورەتی ئەحزاب (٧٣)

سورەتی ئەحزاب کە سورەتی سی‌وسێهەمی قورئانە، لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، حەفتاو سێ ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی نەوەدەو پاش سورەتی (الأنفال)و پێش (المائدة) دابەزیوە.

مەبەست لە وشەی ﴿ٱلۡأَحۡزَابَ﴾ لەم سورەتەدا هەمو ئەو پارت‌و حیزبانەیە کە لەگەل قورەیشدا بۆ لەناوبردنی پێغەمبەرﷺو موسڵمانان سوپایەکی دەهەزار کەسیان پێکهێناو هێرشیان کردە سەر موسڵمانان، ئەم روداوە لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا رویداوەو بە غەزای ئەحزاب یان خەندەق بەناوبانگەو ئەم سورەتەش باسی ئەو روداوە بەرونی‌و هەڵوێستی هەمو لایانەکانی دەکات، جا پێغەمبەر ﷺبە یەکێك لە ناوە پیرۆزەکانی پەروەردگار کە(هَازِمُ الْأَحْزَاب)ـە دوعای بۆ لەناو بردنی ئەم حیزبانە کردوەو فەرمویەتی: {اللَّهُمَّ مُنْزِلَ الْكِتَابِ سَرِيعَ الْحِسَابِ هَازِمَ الْأَحْزَابِ اللَّهُمَّ اهْزِمْهُمْ وَزَلْزِلْهُمْ/ مسلم وغيره/ ئەی خودایە کەدابەزێنەری ئەم پەڕاوەیت، کە بەپەلەی لە حیسابدا، تێکشکێنەری حیزبەکانی، ئەی خودایە تێکیان بشکێنەو وچان‌و ورونگیان پێ نەدەیت }

جا پەروەردگاریش دوعاکەی وەرگرت‌و ئەو حیزبانەی تێك‌و پێك دا. دیارە لە کۆتای سورەتی پێشودا پەروەردگار فرمان دەدات بە پێغەمبەر ﷺ کە پشت لە بێ باوەڕان بکات، جا لە سەرەتای ئەم سورەتەیش فرمانی پێدەدات کە لە اللّٰه بترسێت‌و گوێرایەڵی بێباوەڕان‌و دووڕویان نەکات.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ ۗ إِنَّ اللَّهَ
كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا (١) وَاتَّبِعْ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ مِن
رَّبِّكَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (٢) وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ ۚ
وَكَفَىٰ بِاللَّهِ وَكِيلًا (٣) مَّا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي
جَوْفِهِ ۚ وَمَا جَعَلَ أَزْوَاجَكُمُ اللَّائِي تُظَاهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَاتِكُمْ ۚ
وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ ۚ ذَٰلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَاهِكُمْ ۖ وَاللَّهُ
يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ (٤) ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ
هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ ۚ فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ
فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ ۚ وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم
بِهِ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ ۚ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا
(٥) النَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ۖ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ ۗ
وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ
مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ إِلَّا أَن تَفْعَلُوا إِلَىٰ أَوْلِيَائِكُم
مَّعْرُوفًا ۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا (٦)

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەی پێغەمبەرﷺ بەردەوام بە لەسەر پارێزکاری‌و ترسان لەاللّٰه، وە پەیڕەوی خوانەناسان‌و دووڕووان مەکە بەڕاستی اللّٰه زاناو دانایە.

(٢) جا پەیڕەوی لەو قورئانە بکە کە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت دێت بەبێگومان اللّٰه زۆر بە ئاگایە لەوەی کە ئێوە دەیکەن

(٣) جا لە هەمو کاروبارتدا پشت ببەستە بە اللّٰه‌و بەسە کە اللّٰه پشتیوانت بێت، جا ئەوەی کە اللّٰه پشتیوانی بێت کێ دەتوانێ پشتی لەزەوی بدات؟

(٤) اللّٰه بۆ هیچ کەس لە ناوسینگیا دوو دڵی دانەناوە واتە کەس ناتوانێت دوو بیرو بۆچوونی جیا لە یەك لە دڵدا دانێت. وەك پێغەمبەرمان دەفەرموێ:{لاَ يَجْتَمِعُ الإِيمَانُ وَالْكُفْرُ فِي قَلْبِ امْرِئٍ/السلسلة الصحيحة/ ئیمان‌و کوفر لەدڵی کەسدا بەیەکەوە کۆنابنەوە} ئەگەر کەسێك موسڵمان بێت ناتوانێت ڕێگاو ڕێبازێکی تر بخاتە ناو دڵیەوە خۆ ئەگەر خستیە دڵیەوە درۆ دەکات موسڵمان نیە. وەئەو هاوسەرانەی کەاللّٰه پێیداون‌و پێیان دەڵێن: ئێوە وەکو پشتی دایکمان وان‌و دەی چوێنن بەوانەوە، اللّٰه‌دای نەناون بە دایکتان‌و قسەیەکی پوچەو دەبێت تۆڵەی بدەن. وە ئەو کەسانەی بە دەمی خۆتان بە کوڕی خۆتانی دادەنێن، کوڕتان نین، ئەوە قسەیەکەو بە دەمی خۆتان داتانناوەو هەر اللّٰه‌یە ڕاست دەفەرموێ‌و هەر خۆیشی ڕێنمونی دەکات بۆ ڕێگای ڕاست، لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە ﷺ هاتوە کە دەڵێت: زەیدی کوڕی حاریسەی خزمەتکاری پێغەمبەرمان ﷺ بە زەیدی کوڕی محمد بانگ دەکرد تا ئەم ئایەتە دابەزی. لە خاتون عائیشەوە هاتوە کە سەهلەی کچی سوهەیل کە خێزانی ئەبو حوزەیفەی کوڕی عوتبە بوو هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمە لە پێشدا سالمان بە کوڕی خۆمان بانگ دەکرد جا اللّٰه لەو بارەوە ڕەوانەی کردوە ئەوەی کە ڕەوانەی کردوە، وە ئەو دێت بۆ لام‌و من هەست دەکەم کە ئەبو حوزەیفە لەبەر دڵی گرانە، جا پێغەمبەر ﷺ فەرموی:{أَرْضِعِيهِ تَحْرُمِي عَلَيْهِ /النسائي صححه الالباني/ شیری بدەرێ ئیتر تۆ لێی مەحرەم دەبیت وەکو دایکی} وتراوە کە ئەم ئایەتە لەم بارەوە دابەزیوە. والله أعلم.

(٥) جا ئیوە بە ناوی باوکی خۆیانەوە بانگیان بکەن، لە لای اللّٰه هەر ئەوەیە دادپەروەرانە جا ئەگەر باوکیانتان نەدەزانی ئەوسا ئەوان برای ئاینیتانن‌و خزمەتکارو دۆستتانن، لەوەی کە بە هەڵە بەوناوە ناویان دەبەن تاوانتان لەسەر نیە، بەڵام ئەگەر بە دڵ‌و بە ئەنقەست وا بڵێن تاوانبارن، وە اللّٰه زۆر لێبوردەو بە سۆزە بۆ بەندەکانی.

(٦) پێغەمبەر ﷺ دڵسۆزترو خەمخۆرترەو پێشترە بۆ باوەڕداران لە خۆیان بۆ خۆیان. وە خێزانەکانی دایکیانن لە قەدەغە بوونی نکاحیان‌و ڕێز لێ گرتنیاندا، وە لەبڕیاری اللّٰه‌دا خزمان لە میراتدا هەندێکیان لە پێشترن لە هەندێکیان لەپەیوەندی دۆستایەتی‌و برایەتی نێوان یارمەتیدەران‌و کوچکەراندا مەگەر خۆتان بتانەوێ چاکەیەك لەگەڵ دۆستانتاندا بکەن. هەرلەکۆنەوە ئەمە لە (لوح المحفوظ)دا تۆمار کراوە. وەلەفەرمودەدا

وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمۡ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٖ وَإِبۡرَٰهِيمَ
وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۖ وَأَخَذۡنَا مِنۡهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظٗا ﴿٧﴾
لِّيَسۡـَٔلَ ٱلصَّٰدِقِينَ عَن صِدۡقِهِمۡۚ وَأَعَدَّ لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابًا أَلِيمٗا
﴿٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ جَآءَتۡكُمۡ
جُنُودٞ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا وَجُنُودٗا لَّمۡ تَرَوۡهَاۚ وَكَانَ ٱللَّهُ
بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرًا ﴿٩﴾ إِذۡ جَآءُوكُم مِّن فَوۡقِكُمۡ وَمِنۡ أَسۡفَلَ
مِنكُمۡ وَإِذۡ زَاغَتِ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَبَلَغَتِ ٱلۡقُلُوبُ ٱلۡحَنَاجِرَ
وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ﴿١٠﴾ هُنَالِكَ ٱبۡتُلِيَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَزُلۡزِلُواْ
زِلۡزَالٗا شَدِيدٗا ﴿١١﴾ وَإِذۡ يَقُولُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم
مَّرَضٞ مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورٗا ﴿١٢﴾ وَإِذۡ قَالَت طَّآئِفَةٞ
مِّنۡهُمۡ يَٰٓأَهۡلَ يَثۡرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمۡ فَٱرۡجِعُواْۚ وَيَسۡتَـٔۡذِنُ فَرِيقٞ
مِّنۡهُمُ ٱلنَّبِيَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوۡرَةٞ وَمَا هِيَ بِعَوۡرَةٍۖ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا
فِرَارٗا ﴿١٣﴾ وَلَوۡ دُخِلَتۡ عَلَيۡهِم مِّنۡ أَقۡطَارِهَا ثُمَّ سُئِلُواْ ٱلۡفِتۡنَةَ
لَأٓتَوۡهَا وَمَا تَلَبَّثُواْ بِهَآ إِلَّا يَسِيرٗا ﴿١٤﴾ وَلَقَدۡ كَانُواْ عَٰهَدُواْ
ٱللَّهَ مِن قَبۡلُ لَا يُوَلُّونَ ٱلۡأَدۡبَٰرَۚ وَكَانَ عَهۡدُ ٱللَّهِ مَسۡـُٔولٗا ﴿١٥﴾

هاتوەکەپێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: { مَا مِنْ مُؤْمِنٍ إِلَّا وَأَنَا أَوْلَى بِهِ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ اقْرَءُوا إِنْ شِئْتُمْ النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ فَأَيُّمَا مُؤْمِنٍ مَاتَ وَتَرَكَ مَالًا فَلْيَرِثْهُ عَصَبَتُهُ مَنْ كَانُوا وَمَنْ تَرَكَ دَيْنًا أَوْ ضَيَاعًا فَلْيَأْتِنِي فَأَنَا مَوْلَاهُ /البخاري/ هیچ باوەڕدارێك نیە کەمن لەپێشتر نەبم بۆی لەدنیاو دوارۆژدا. ئەگەر ئارەزۆتان هەییە ﴿پێغەمبەر ﷺ دڵسۆزترو خەمخۆرترەو پێشترە بۆ باوەڕداران لە خۆیان بۆ خۆیان﴾ بخوێننەوە جا هەر باوەڕدارێك مردو ماڵی لێ بەجێما باخزمەکانی هەرکەس هەن بیبەن، خۆ ئەگەر قەرزێکی بەلاوە بوو یان مناڵی لێ بەجێما بو، ئەوسا با بێت بۆ لای من چونکە هەر منم دۆستویارمەتی دەر بۆ ئەو}

﴿٧﴾ بیخەرەوە بیریان ئەو کاتەی کە پەیمانمان وەرگرت لە تەواوی پێغەمبەرانو لە تۆو لە نوحو ئیبراهیمو موساو عیسای کوڕی مەریەم کە بەندایەتی ﷲ بکەنو خەڵکی بانگ بکەن بۆ بەندایەتی، وە پەیمانی بتەوو بەهێزمان لێ وەرگرتن.

﴿٨﴾ تا ﷲ پرسیار بکات لە ڕاستگۆیان سەبارەت بە ڕاستیان لە بەجێهێنانی ئەو پەیمانە، ئەوسا سزای بەئازاریشی ئامادە کردوە بۆ خوا نەناسان.

﴿٩﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە بیر بکەنەوە لەو نیعمەتە گەورەی ﷲ کە ڕژاندی بە سەرتاندا ئەو کاتەی کە سەرباز گەلێکی زۆر هاتنە سەرتان لە ڕۆژی (خەندەق)دا، ئەوسا ئێمە بە باوو بە سەرباز گەلێك کە ئێوە نەتانبینیون دامان بە سەریاندا چادرەکانیانی لە بن هێنانو ئاگرەکانی کوژاندنەوەو دێزەکانی سەرنخون کردنو بەردو زیخولم بارانی کردنو لەوانیش تێ نەدەپەڕی، وەبەڕاستی ﷲ بینەری ئەو کارانەیە کە ئێوە دەیکەن.

﴿١٠﴾ ئەو کاتەی کە لە لای سەرەوەو لە خوارەوەتان هاتن بۆتانو ئەو کاتەی کە چاوەکان ئەبڵەق بونو گیانەکان گەیشتنە گەروو گومانتان دەبرد بە ﷲ چۆن گومانێك، واتە: وایان دەزانی کە تازە سەرکەوتن قسەیەکی نەگونجاوە. لە فەرمودە دا هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:{ نُصِرْتُ بِالصَّبَا، وَأُهلِكَتْ عَادٌ بِالدَّبُورِ/متفق علیه/ من بە بای سەبا کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دێتو ساردە یارمەتی درام، وە عادیش بە دەبور کە بایەکە لە ڕۆژئاواوە دێت لەناوبران}.

﴿١١﴾ ئا لەوێدا تاقیکردنەوەی باوەڕداران هاتە کایەوەو لەرزێنران بە لەرزاندێکی توند، چونکە کەوتنە تەنگانەیەکی زۆر سەختو دژوارەوە کە نزیکبو باوەڕیان نەمێنێت بە سەرکەوتن،

﴿١٢﴾ جابە بیر بهێنەوە ئەو کاتەی کە دووڕووەکانو ئەوانەی کە لە ناو دڵیاندا نەخۆشی دوور لە ﷲیان تێدا بوو دەیان وت: ﷲو پێغەمبەرەکەی ﷺ جگە لە دەستخەڕە کردنمان هیچ بەڵێنێکی تریان پێ نەداوین، وە ئەو بەڵێنی سەرکەوتنە فریودانێك زیاتر نەبوو، ئەمە لە لایەکەوەو لە لایەکی ترەوە خەریکی ساردکرنەوەی باوەڕداران بوون تا گۆڕەپانی جیهاد چۆڵ بکەن

﴿١٣﴾ جا دیسان بە بیر بهێنەوە ئەو کاتەی کە کۆمەڵێك لەو دووڕووو دڵ نەخۆشانە بانگیان لە خەڵکی مەدینە کردو وتیان: ئەی خەڵکی یەسریب ئەمە جێگای وەستانتان نیەو ناتوانن خۆبگرن سا بگەڕێنەوە بۆ ناو شار، جا

قُل لَّن يَنفَعَكُمُ ٱلۡفِرَارُ إِن فَرَرۡتُم مِّنَ ٱلۡمَوۡتِ أَوِ ٱلۡقَتۡلِ وَإِذٗا
لَّا تُمَتَّعُونَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿١٦﴾ قُلۡ مَن ذَا ٱلَّذِي يَعۡصِمُكُم مِّنَ ٱللَّهِ إِنۡ
أَرَادَ بِكُمۡ سُوٓءًا أَوۡ أَرَادَ بِكُمۡ رَحۡمَةٗۚ وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ
وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا ﴿١٧﴾ ۞ قَدۡ يَعۡلَمُ ٱللَّهُ ٱلۡمُعَوِّقِينَ مِنكُمۡ وَٱلۡقَآئِلِينَ
لِإِخۡوَٰنِهِمۡ هَلُمَّ إِلَيۡنَاۖ وَلَا يَأۡتُونَ ٱلۡبَأۡسَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٨﴾ أَشِحَّةً
عَلَيۡكُمۡۖ فَإِذَا جَآءَ ٱلۡخَوۡفُ رَأَيۡتَهُمۡ يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ تَدُورُ أَعۡيُنُهُمۡ
كَٱلَّذِي يُغۡشَىٰ عَلَيۡهِ مِنَ ٱلۡمَوۡتِۖ فَإِذَا ذَهَبَ ٱلۡخَوۡفُ سَلَقُوكُم
بِأَلۡسِنَةٍ حِدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى ٱلۡخَيۡرِۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَمۡ يُؤۡمِنُواْ فَأَحۡبَطَ
ٱللَّهُ أَعۡمَٰلَهُمۡۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا ﴿١٩﴾ يَحۡسَبُونَ ٱلۡأَحۡزَابَ
لَمۡ يَذۡهَبُواْۖ وَإِن يَأۡتِ ٱلۡأَحۡزَابُ يَوَدُّواْ لَوۡ أَنَّهُم بَادُونَ
فِي ٱلۡأَعۡرَابِ يَسۡـَٔلُونَ عَنۡ أَنۢبَآئِكُمۡۖ وَلَوۡ كَانُواْ فِيكُم
مَّا قَٰتَلُوٓاْ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٢٠﴾ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ
حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا ﴿٢١﴾
وَلَمَّا رَءَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلۡأَحۡزَابَ قَالُواْ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ
وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥۚ وَمَا زَادَهُمۡ إِلَّآ إِيمَٰنٗا وَتَسۡلِيمٗا ﴿٢٢﴾

هەندێکیان داوای گەڕانەوەیان لە پێغەمبەر ﷺ دەکردو دەیان وت: بێگومان کە ماڵەکانمان بێ سەرپەرستەو کەسمان نیە چاوی لێیان بێت، لەراستیدا ماڵیان بێ سەرپەرست نەبو ئەمە جگە لە بەهانەیەك بۆ ڕاکردن‌و چۆڵکردنی گۆڕەپانی جیهاد شتێکی تریان مەبەست نەبوو، جا دووروەکان ئەوەندە دژ بە پێغەمبەر ﷺو باوەڕداران بون کە زمانیان هەڵ نەدەهات بڵێن: مەدینە بەڵکودەیان وت: یەسریب تا بەم شێوەیەش دڵی پێغەمبەر ﷺ و باوەڕداران زیاتر ئازار بدەن.

(١٤) جا ئەگەر لە هەمو لایەکەوە هێرش بهاتایە سەریان، پاشان داوایان لێ بکرایە کە ببنەوە بە موشریبیك زۆریان پێ نەدەچوو وایان دەکردو خۆیان دەخستە ڕیزی موشریکانەوە.

(١٥) جا بەڕاستی ئەوان پێش غەزای خەندەق کە ڕێزو نرخی غەزاکەرانی بەدریان بیستبوو پەیمانیان بە اللهدا کە ئەگەر بێت‌و ئەم جارە غەزایەکی تر بێت چالاکانە هاوکاری تێدا بکەن‌و پشت نەکەنە بەرەی جیهاد بەڵام وا غەزای خەندەق دەستی پێکردو مەردانی ڕاست‌و دروست بە فرمانی پێغەمبەر ﷺ خەریکی هەڵکەندنی خەندەقن کەچی ئەوانیش وا خەریکی ساردکردنەوەی موسڵمانان‌و دابەزاندنی ورەیانن‌و هەمو بەڵێنێکیان لە بیر خۆیان بردەوەتەوە، وەك ئەوەی کە هیچ نەوترابێت، بەڵام بەڵێندان بە الله لێ پرسینەوەی هەیە.

(١٦) جا پەروەردگار دەفەرموێ: پێیان بڵێ: ڕاکردن لە مردن یان لە کوشتن هیچ سوودێکتان پێ نادات، چونکە ئەگەر لە مەیدانیش دا هەڵ بێن هەر تەنها ئەو ماوە کەمە دەژین کە بۆتان دانراوە، کاتی دیاری کراوبە هیچ کەسێك ناگۆڕێت.

(١٧) دەبڵێ: کێیە کە لە الله دەتانپارێزێت ئەگەر الله بیەوێت توشی بەڵایەکتان بکات یان چاکەیەکتان لەگەڵدا بکات؟ وە ئەوان جگە لە الله هیچ دۆست‌و یارمەتیدەرێکی تریان دەست ناکەوێت.

(١٨) بەراستی الله خۆی دەزانێت کە چ کەسێك لە ئێوە خەڵك سارد دەکاتەوەو بە براکانی دەڵێت : بێنەوە بۆ لامان‌و واز لە غەزا بهێنن، وەهەر کەمێکیان لەو شەڕەدا بەشداربوون ئەویش بۆ چاوبەستکردنی باوەڕداران‌و بۆ خۆنواندن بو. چاوچنۆکن‌و پێیان ناخۆشە کە ئێوە خێرێکتان دەستکەوێت، جا هەر کاتێك ترس ڕوودات تۆ دەبینیت ئەوان کە تەماشات دەکەن چاویان لە ترسا بەم لاو بەولادا دەسوڕێتەوە وەك ئەو کەسەی کە لە سەرەمەرگدا بێت بەڵام کە ترس نەماو سوودتان دەست کەوت بە زمانێکی تیژەوە ئاوێزانتان دەبن‌و زۆر سوورن لەسەر بەشداربونیان لەو ماڵەی کەدەستتان کەوتوە.

(١٩) بەڕاستی ئەوان باوەڕی ڕاستەقینەیان نەبووە لەبەر ئەوە الله کردارە چاکەکانیانی لێ هەڵوەشاندنەوەو ئەمەیش لەلای الله شتێکی ئاسانە.

(٢٠) ئەم دووڕووانە وا دەزانن کە حیزبەکان (قورەیش‌و غەتەفان‌و جولەکە) کە بۆ لەناوبردنی باوەڕداران بون بەیەك تا هەمویان لەناونەبن، ناچنەوە، جا ئەگەر جارێکیتر ئەو حیزبانە بێنەوە ئەم دووڕووانە ئاوات دەخوازن کە لەناو عەرەبە دەشتیەکاندا بوونایەو هەر

لەدووره هەواڵی ئێوەیان پرسیار بکردایە کە چیتان بەسەر هاتوە؟ خۆ ئەگەر ئەوان لەناو ئێوەشدا بوونایە هەر تەنها کەمێکیان شەڕیان دەکرد، ئەویش لەبەر عەیبەو خۆنواندن جا بەڕاستی بونی ئائەم جۆرە کەسانە لەناو ریزی موسڵماناندان هیچ خەیرێکی پێوە نیەو باموسڵمان ئاواتی کەمیو پوختەیی بخوازێت نەك زۆریو بۆری.

(٢١) بەڕاستی بۆ ئێوە لە وتارو کرداری پێغەمبەری خوادا ﷺ سەرمەشقییەکی جوان هەیە و بۆ ئەو کەسەش کە لە الله دەترسێو باوەڕی بە دوارۆژ هەیەو زۆر یادی الله دەکات.

(٢٢) جا کاتێك کەباوەڕداران حیزبەکانیان بینی کە هێرشیان بۆ هێناون وتیان: ئەمە ئەو بەڵێنەی اللهو پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ لە سەر تاقیکردنەوەو یارمەتی دانی باوەڕدارانە و اللهو پێغەمبەرەکەی ﷺ ڕاستیان فەرموە، جا ئەم ڕوداوە تەنها باوەڕی زیاد کردنو ئەوانیش چاکتر خۆیان دا بە دەست خوداوەو فرمانەکانی ئەویان بە گەردن کەچیەوە ئەنجام دەدا.

(٢٣) لەناو باوەڕداراندا پیاوانێك بون کە ڕاستیان کرد لەگەڵ ئەو بەڵێنەی کە بە الله یان دابو، جا هەندێکیان مردن یان کوژران لەسەر ئەو بەڵێنەی خۆیانو هەندێکی تریان چاوەڕێی ئەو مردنە یان ئەوکوشتنەنو لەو پەیمانە کە داویانە بە الله هیچ گۆڕانکارێکی تێدا ناکەن.

(٢٤) تا الله پاداشتی ڕاستگۆیان بداتەوە بەهۆی ڕاستیانەوەو ئەگەر بیەوێت دووڕووەکانیش سزا بدات یان پەشیمان بوونەوەیان لێ وەربگرێت، بەڕاستی الله زۆر چاوپۆشیکەرە لەو کەسەی کە پەشیمان دەبێتەوەو زۆر بەسۆزە بۆی.

(٢٥) خوانەناسان لەگەڵ ئەو هەمو ڕقو قینەی کە هەیان بوو لە موسڵمانان هیچ سوودێکیان دەست نەکەوتوالله سەرشۆڕانە گەڕاندنیەوە بۆ مەکەو الله خۆی لەجیاتی باوەڕداراندا بە باوو بە فریشتە شەڕی کافرانی لە کۆڵ کردنەوەو الله بە توانایە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێكو زاڵە بەسەر تەواوی بونەوەردا.

مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن
قَضَىٰ نَحْبَهُ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾ لِّيَجْزِيَ
اللَّهُ الصَّادِقِينَ بِصِدْقِهِمْ وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ إِن شَاءَ
أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٢٤﴾ وَرَدَّ اللَّهُ الَّذِينَ
كَفَرُوا بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُوا خَيْرًا وَكَفَى اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ الْقِتَالَ
وَكَانَ اللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا ﴿٢٥﴾ وَأَنزَلَ الَّذِينَ ظَاهَرُوهُم مِّنْ
أَهْلِ الْكِتَابِ مِن صَيَاصِيهِمْ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ
فَرِيقًا تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقًا ﴿٢٦﴾ وَأَوْرَثَكُمْ أَرْضَهُمْ
وَدِيَارَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ وَأَرْضًا لَّمْ تَطَئُوهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ
شَيْءٍ قَدِيرًا ﴿٢٧﴾ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ
الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ
سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٢٨﴾ وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ
الْآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٢٩﴾
يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ
لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾

(٢٦) جا الله ئەو زاتەیە کە ئەو کەسانە لە جولەکەو گاور کە بۆ لە ناوبردنی باوەڕداران یارمەتی بت پەرستانی مەکەیان دابو لە قەڵاکانیانی هێنایە خوارەوەو ترسی خستنە ناو دڵیانەوەو خۆیان پێ ڕانەگیرا، کە ئێوەش کۆمەڵێکتان لێ کوشتنو کۆمەڵێکی ترتان لێ بە دیل گرتن لە خێڵی بەنی قورەیزە.

(٢٧) ئەوسا زەویەکانیانو سامانەکانیانو ماڵەکانیانو ئەو زەویەش کە پێتان لەسەری دانەنابوو هەموی بە ئێوە بەخشیو الله بە توانایە بەسەر هەمو شتێکدا.

(٢٨) ئەی پێغەمبەر ﷺ بە خێزانەکانت بڵێ: ئەگەر ئێوە ژیانو جوانی دنیاتان دەوێت سا وەرن تا مافی خۆتانتان پێ بدەمو بە بێ گلەییو ناخۆشی ئازادتان بکەمو لەیەك جیا ببینەوە.

(٢٩) خۆ ئەگەر ئێوە اللهو پێغەمبەرەکەیو ژیانی دوارۆژتان دەوێت دە بمێننەوەو بەم ژیانە ڕازی ببن، جا الله بۆ هەر چاکەکارێکتان پاداشتێکی گەورەی داناوە.

وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعْمَلْ صَٰلِحًا نُّؤْتِهَآ
أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾ يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِىِّ
لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ ۚ إِنِ ٱتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ
فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴿٣٢﴾ وَقَرْنَ
فِى بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ ۖ وَأَقِمْنَ
ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ إِنَّمَا
يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجْسَ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ
تَطْهِيرًا ﴿٣٣﴾ وَٱذْكُرْنَ مَا يُتْلَىٰ فِى بُيُوتِكُنَّ مِنْ
ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلْحِكْمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا ﴿٣٤﴾
إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ
وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ
وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ
وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ وَٱلصَّٰٓئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ وَٱلْحَٰفِظِينَ
فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا
وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴿٣٥﴾

(٣٠) ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ هەر کام لە ئێوە تاوانێکی ئاشکرا بکات ئەوە سزای بۆ دوو بەرامبەر دەگرێتەوە، جا ئەوە لەلای اللّٰه کارێکی ئاسانە.

(٣١) ئەوسا هەر کام لە ئێوەش گەردن کەچ بێت بۆ فرمانەکانی اللّٰه‌و پێغەمبەرەکەی ﷺ و کرداری چاك ئەنجام بدات پاداشتی چاکەکانی دوو بەرامبەر دەدەینەوە، وە لە بەهەشتدا پاداشتێکی بەڕێزمان بۆ داناوە.

(٣٢) ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ ئێوە وەکو هیچ ئافرەتێکی تر نین ئەگەر خۆتان بپارێزن، چونکە ئێوە زۆر گەورەن، جا بە خەمزەونازەوە قسە مەکەن لەگەڵ پیاواندا چونکە ئەو کەسەی کە دڵی نەخۆشە تەماع دەیگرێت‌و چاو لە شوێنتان دەبێت، جا بەشێوەیەکی گونجاوو ڕێك وپێك‌و بێ خەمزەوناز قسە بکەن.

(٣٣) لە ماڵەکانی خۆتاندا ئۆقرە بگرن‌و دەرمەچن بۆ هیچ لایەك‌و خۆتان دەرمەخەن وەکو خۆدەرخستنی سەردەمی نەزانی پێشو، ئەوسا نوێژەکانتان بکەن‌و زەکات بدەن‌و پەیڕەوی اللّٰه‌و پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن، ئەی خاوخێزانی ناو ماڵی پێغەمبەر ﷺ ، اللّٰه دەیەوێت هەمو پیسیەکتان لێ بکاتەوەو بە تەواوی پاك‌و خاوێنتان بکاتەوە.

(٣٤) جا بخوێننەوەو باس بکەن ئەوەی کە لە ماڵەکانتدا دەخوێنرێتەوە لە نیشانەکانی اللّٰه کە (قورئانە)و لە دانایی کە فەرمودەکانی پێغەمبەرە ﷺ، بێگومان کە اللّٰه وردبین‌و زۆر بەئاگایە. ئوم سەلەمە دەڵێت وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە چیە من هەر پیاوان دەبیستم لە قورئاندا باسکراون باسی ئافرەتان نەکراوە؟ جا اللّٰه ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەفەرموێ:

(٣٥) بەبێگومان پیاوانی موسڵمان‌و ژنانی موسڵمان‌و پیاوانی باوەڕدارو ژنانی باوەڕداو پیاوانی فەرمانبەردارو ژنانی فەرمانبەردارو پیاوانی ڕاستگۆو ژنانی ڕاستگۆو پیاوانی بێ دەعیەو بێ فیزو ژنانی بێ دەعیەو بێ فیزو پیاوانی چاکەکارو ژنانی چاکەکارو پیاوانی ڕۆژوگرو ژنانی ڕۆژوگرو پیاوانێك کە عەیبەی خۆیان لە حەرام دەپارێزن‌و ژنانێك کە داوێنی خۆیان لە حەرام دەپارێزێن‌و داوێن پاکن‌و پیاوانێك کە یادی اللّٰه بە زۆری دەکەن‌و ژنانێك کە یادی اللّٰه دەکەن بۆ ئەوانە اللّٰه لێخۆشبون‌و پاداشتی گەورەی بۆ ئامادە کردون.

(٣٦) هەر کاتێك اللّٰه‌و پێغەمبەرەکەی ﷺ بڕیارێك بدەن بۆ هیچ پیاو و ژنێکی باوەڕدار نیە خۆیان بە سەرپشك بزانن، جا هەر کەسێك سەرپێچی لە فرمانی اللّٰه‌و پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات بەڕاستی هەڵەی کردوە هەڵەیەکی ئاشکرا.

(٣٧) جانەو کاتەی کە تۆ وتت بەو کەسەی کە اللّٰه بە هۆی ئاشنای کردنی بە دین‌و بە پێغەمبەرەکەی بەهرەی خۆی بەسەر یا ڕشتبو و پێشتر تۆیش ﷺ بە ئازاد کردنی چاکەت لەگەڵدا کردبوو دەتوت: لە خوا بترسەو بە چاکی لەگەڵ هاوسەرەکەتدا ڕەفتار بکەو لەگەڵ یەکتردا بگونجێن، وە ئەوەی ناو دڵی خۆتت دەشاردەو خوا هەر دەری دەخات، وە تۆ لە تانەو تەشەری خەڵك دەترسی کەبڵێن: محمد ژنی کوڕەکەی خۆی خواستوە لەکاتێکدا هەر خوا شایستە ترە کە لێی بترسی‌و ئەوە کوڕی تۆ نیە. جا کە زەید پێویستی خۆی لەو تەواوکردو تەڵاقی دا ئێمە ئەومان (زەینەب) لێت مارە کرد، جا ئەوەمان کرد تا لەسەر باوەڕداران هیچ

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ
لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا
مُّبِينًا ﴿٣٦﴾ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِىٓ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ
أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخْفِى فِى نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ
مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ ۖ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ
مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَٰكَهَا لِكَىْ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِىٓ
أَزْوَٰجِ أَدْعِيَآئِهِمْ إِذَا قَضَوْا۟ مِنْهُنَّ وَطَرًا ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا
﴿٣٧﴾ مَّا كَانَ عَلَى ٱلنَّبِىِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ ٱللَّهُ لَهُۥ ۖ سُنَّةَ ٱللَّهِ فِى
ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلُ ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا ﴿٣٨﴾ ٱلَّذِينَ
يُبَلِّغُونَ رِسَٰلَٰتِ ٱللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُۥ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَ ۗ وَكَفَىٰ
بِٱللَّهِ حَسِيبًا ﴿٣٩﴾ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن
رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٤٠﴾
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ﴿٤١﴾ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً
وَأَصِيلًا ﴿٤٢﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخْرِجَكُم
مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾

تاوانێك نەنوسرێت لە مارە كردنی هاوسەرانی ئەوانەی كە بە كوڕی خۆیان دادەنا ئەو كاتەی كە تەڵاقیان داو عیددەیان تەواوبو. ئەوسا فرمانی ﷲ جێ بەجێ كراوە. خاتون زەینەب هەمیشە بەم مارەبڕینە خۆی هەڵدەكێشا بەسەر خێزانەكانی ترداو دەیوت ئێوە كەس‌وكارتان مارەی كردون من خوا مارەی كردوم لەپێغەمبەر ﷺ، لەراستیدا ئەمە هەندێك لەپاداشتی پەیڕەوی كردنی بو لە خواو لەپێغەمبەر ﷺ لەسەرەتادا، چونكە ئەم پورزای پێغەمبەربو ﷺ، وەیەكێك بو لە خەڵكی ناوداری قورەیش وزەید بەندەیەكی ئازاد كراوبو كە لەو سەردەمەدا لەپلەیەكی زۆر خواردا بو، بەڵام زەینەب‌و خانەوادەكەی لەبەر گوێ رایەڵی بۆ فرمانی خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ بەزەید رازی بون‌و بەم شێوەیە لوت بەرزی نێوان خەڵكی ئەو سەردەمەی پێ هەڵوەشاندنەوەو پاشانیش لەگەل یەكدا نەگونجان‌و خوا دایەوە بەپێغەمبەر ﷺ و باوێكی سەخت تر لەباوی پێشوی پێ هەڵوەشاندەوەكە ژنی بە كوڕكراو وەك ژنی كوڕی خۆی نیەونابێت بەمەحرەمی.

﴿٣٨﴾ لەسەر پێغەمبەر ﷺ هیچ خراپەیەك نیە لەبارەی ئەنجامدانی ئەو شتانەی كە ﷲ بۆی داناوە، ئەمە ڕەوشتی ﷲیە لەناو ئەوانەی كە لە پێشدا ڕەوانەی كردون‌و فرمانی ﷲ جێ بەجێ كراو دەبێ و هیچ كەس تەنانەت پێغەمبەرانیش بۆیان نیە لە بڕیاری ئەو دەربچن‌و بڕیار هەر بۆ ﷲ یە.

﴿٣٩﴾ ئەو كەسانەی پەیامەكانی ﷲ دەگەیەنن جگە لە ﷲ لە هیچ كەسێكی تر ناترسن، ئەوسا چاودێری‌و پاراستنی ﷲ بەسە بۆ بەندە چاكەكانی. پێغەمبەری خوا ﷺ چەندین پیلانیان لەدژی سازدا تەنانەت بڕیاری كوشتنیان دا كە دە كوڕی گەنج بەشمشێرەوە شەو هاتنە سەری‌و گەمارۆی ماڵیان دا بەڵام خوا ئەوی بەناویاندا شەو دەركردو لە ئەشكەوتی سەوردا نەیان بینی‌و لەرێگادا سوراقە نەیتوانی پێی بگات، بەراستی ئەو كەسەی كە خوا بپارێزێت كەس ناتوانێ هیچی لەگەڵ بكات.

﴿٤٠﴾ محمد ﷺ باوكی هیچكەس لە پیاوانی ئێوە نیە، بەڵام ئەو پێغەمبەری خوایە ﷺ، وە كۆتایی پێغەمبەرانەو هیچ پێغەمبەرێكی تر پاش ئەو نایەت، خۆ ﷲ بە هەمو شتێك دەزانێ ، واتە: پێغەمبەر ﷺ باوكی زەید نیە وخێزانی زەیدیش بەتەڵاقدانی زەید حەڵاڵە بۆ پێغەمبەر ﷺ. ئەم چەند ئایەتە دەربارەی زەینەبی كچی جەحش‌و زەیدی كوڕی حاریسە دابەزیوە كەوەك وتمان پێشەكی زەینەب‌و كەس‌و كاری لەسەر قسەی پێغەمبەر ﷺ بە زەیدی كوڕی حاریسە كە خزمەتكارو ئازاد كراوی پێغەمبەر ﷺ بوو ڕازی بوون، جا پاش ماوەیەك لەگەل یەكدا نەگونجان‌و پەروەردگار پێغەمبەری ﷺ ئاگادار كردبوو كە ناگونجێن‌و زەینەب هاوسەری تۆ دەبێت، بەڵام پێغەمبەرمان ﷺ هەر ئامۆژگاری هەردووكیانی دەكرد كە لەگەڵ یەكدا بگونجێن، جا دەترسا كە خەڵك بڵێن: محمد ﷺ ژنی كوڕی خۆی خواستووە، چونكە تا ئەو كاتە ئەو جۆرە شێوازی بەكوڕ كردنە باوبوە، جا خەڵكیش تا دابەزینی ئەم سورەتە زەیدیان بە زەیدی كوڕی محمد بانگ دەكرد، بەڵام

تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُۥ سَلَٰمٌۭ وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًۭا كَرِيمًۭا ﴿٤٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلنَّبِىُّ إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ شَٰهِدًۭا وَمُبَشِّرًۭا وَنَذِيرًۭا ﴿٤٥﴾ وَدَاعِيًا
إِلَى ٱللَّهِ بِإِذْنِهِۦ وَسِرَاجًۭا مُّنِيرًۭا ﴿٤٦﴾ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم
مِّنَ ٱللَّهِ فَضْلًۭا كَبِيرًۭا ﴿٤٧﴾ وَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ
وَدَعْ أَذَىٰهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًۭا ﴿٤٨﴾
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا نَكَحْتُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ
مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍۢ تَعْتَدُّونَهَا ۖ
فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًۭا جَمِيلًۭا ﴿٤٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِنَّآ
أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَٰجَكَ ٱلَّٰتِىٓ ءَاتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ
يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّٰتِكَ
وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَٰلَٰتِكَ ٱلَّٰتِى هَاجَرْنَ مَعَكَ وَٱمْرَأَةًۭ
مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِىِّ إِنْ أَرَادَ ٱلنَّبِىُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا
خَالِصَةًۭ لَّكَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۗ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا
عَلَيْهِمْ فِىٓ أَزْوَٰجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ لِكَيْلَا
يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌۭ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًۭا رَّحِيمًۭا ﴿٥٠﴾

پەروەردگار ئەم بیرو بۆچوونانەی بە ناردنی ئەم ئایەتانە پوچەڵ کردوەو.ئینجا دەفەرموێ:

﴿٤١﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە یادی ﷲ بکەن یادکردنێکی زۆر. جا خۆتان بەقسەی بێ نرخو لاوەکییەوە خەریك مەکەنوکاتی خۆتان بەهەوانتە لەدەس مەدەن وتراوە "کات لەچاقۆ تیژ ترە گەر نەتبڕی دەتبڕێ".

﴿٤٢﴾ هەمو بەیانیو ئێوارەیەك باس لە پاکیو بێ بێگەردی ﷲ بکەن. واتە، تانەو تەشەر لە فرمانەکانی نەدەن، بێگومان ئەوەی کە خوا دەیزانێ ئێوە نایزانن،

﴿٤٣﴾ ﷲ ئەو زاتەیە کە نازو نیعمەتی خۆی دەڕژێنێت بەسەر ئێوەداو لەناو فریشتەکاندا باستان دەکاتو ئەوانیش داوای لێ خۆشبوونتان بۆ دەکەن بۆ ئەوەی لە تاریکاییەکانی خۆپەرستیو ئارەزۆ پەرستیو دنیا پەرستی ڕزگارتان بکاتو بتانخاتە ناو ڕووناکی بیرو باوەڕی پاکەوە، جا ئەو زۆر بە سۆزە بۆ باوەڕداران.

﴿٤٤﴾ بەخێر هێنانیان لەو ڕۆژەی کە دەگەنە پێشگای زاتی حەق سەلام کردنی ﷲیە لێیان، ئەوسا پاداشتێکی گەورەو بەڕێزیشی بۆ داناون.

﴿٤٥﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ بەڕاستی ئێمە تۆمان ناردوە کە شایەتو موژدەدەرو ترسێنەر بیت.

﴿٤٦﴾ جا بە ئیزنی ﷲ بانگخواز بیت بۆ ڕێگای ئەو و چرایەکی ڕووناك کەرەوە بیت بۆ خەڵكو ڕێگای ڕاستیان بۆ ڕون بکەیتەوە.

﴿٤٧﴾ جا بە باوەڕداران موژدە بدە کە لەلای ﷲ بۆ ئەوان خێرو بەخششێکی گەورە هەیە.

﴿٤٨﴾ ئەوسا تۆ پەیڕەوی خوا نەناسو دووڕووەکان مەکە و گوێ مەدە بەو ئێشو ئازارەی کە بۆت دروست دەکەنو پشت بە ﷲ ببەستە، خۆ ﷲخۆی بەسە کە پشتیوان بێت.

﴿٤٩﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە هەر کاتێك کە ئافرەتانێکی باوەڕدارتان نیکاح کردو پاشان پێش ئەوەی کە بەیەکەوەکۆببنەوە تەڵاقتان دان، ئەوسا بۆتان نیە کە عیددەیان بۆ هەڵژمێرن. واتە: کەسێکی تر دەتوانێت دەست بەجێ نیکاحیان بکات، جا با خەڵاتێکیان پێ بدەنو بە جوانی دەستیان لێ بەربدەنو ستەمەیان لێ نەکەن.

﴿٥٠﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ بەڕاستی ئێمە حەڵاڵمان کردوە بۆت ئەو ژنانەی کە مارەییت پێ داونو ئەوانەیش کە دەستت کەوتوون لەوەی کە ﷲ خستویەتیە دەستت، وە کچانی مامتو کچانی پوری باوکتو کچانی پوری دایکتو کچانی خاڵتو کچانی ئەو پورە دایکیانەت کە لەگەل تۆدا کۆچیان کردوەو ئەو ئافرەتانەی کە ئەگەر خۆی بەخشی بە پێغەمبەر ﷺ و پێغەمبەریش ﷺ ویستی نیکاحی بکات

۞ تُرۡجِي مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ وَتُـٔۡوِيٓ إِلَيۡكَ مَن تَشَآءُۖ وَمَنِ ٱبۡتَغَيۡتَ
مِمَّنۡ عَزَلۡتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكَۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن تَقَرَّ أَعۡيُنُهُنَّ
وَلَا يَحۡزَنَّ وَيَرۡضَيۡنَ بِمَآ ءَاتَيۡتَهُنَّ كُلُّهُنَّۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ
مَا فِي قُلُوبِكُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمًا ﴿٥١﴾ لَّا يَحِلُّ لَكَ
ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعۡدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ
حُسۡنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ رَّقِيبٗا
﴿٥٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن
يُؤۡذَنَ لَكُمۡ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيۡرَ نَٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَٰكِنۡ إِذَا دُعِيتُمۡ
فَٱدۡخُلُواْ فَإِذَا طَعِمۡتُمۡ فَٱنتَشِرُواْ وَلَا مُسۡتَـٔۡنِسِينَ لِحَدِيثٍۚ إِنَّ
ذَٰلِكُمۡ كَانَ يُؤۡذِي ٱلنَّبِيَّ فَيَسۡتَحۡيِۦ مِنكُمۡۖ وَٱللَّهُ لَا
يَسۡتَحۡيِۦ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ وَإِذَا سَأَلۡتُمُوهُنَّ مَتَٰعٗا فَسۡـَٔلُوهُنَّ مِن
وَرَآءِ حِجَابٖۚ ذَٰلِكُمۡ أَطۡهَرُ لِقُلُوبِكُمۡ وَقُلُوبِهِنَّۚ وَمَا كَانَ
لَكُمۡ أَن تُؤۡذُواْ رَسُولَ ٱللَّهِ وَلَآ أَن تَنكِحُوٓاْ أَزۡوَٰجَهُۥ
مِنۢ بَعۡدِهِۦٓ أَبَدًاۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمًا ﴿٥٣﴾ إِن
تُبۡدُواْ شَيۡـًٔا أَوۡ تُخۡفُوهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٗا ﴿٥٤﴾

که ئەمەیان تایبەت بە تۆیە نەك بە باوەڕداران، بەڕاستی ئێمە دەزانین بەو فرمانانەی کە لە سەر باوەڕدارانمان داناون سەبارت بە چەنیەتیو چۆنیەتی هاوسەرانو کەنیزەکانیان بەڵام ئەمانەمان لەسەر تۆ دانەناوە تا بەم شێوەیە نارەحەتی لەسەر تۆ نەمێنێت، خۆ ﷲ لێبوردەیە لە تاوانی بەندەکانیو زۆربە سۆزە بۆیان.

﴿٥١﴾ جا ئەی **محمد** ﷺ لە چوونە لای خێزانەکانت سەرپشکیت سەرەی هەر کام لە خێزانەکانت کە ویستت دوای خەوە هەر کامیانت کەویستت بیهێنە لای خۆت وە کامیانت کە واز لێهێناوە دەتوانیت بیهێنیتەوەو هیچ تاوانێکت لەسەر نیە ئەوە نزیکترە بۆ ئەوەی کە ئەوانە دڵخۆش ببنو خەم نەخۆنو ڕازی بن بەوەی کە بە هەموویانت داوە، جا بێگومان ﷲ دەزانێت بەوەی کە لەناو دڵەکانتاندایە، وە ﷲ زۆر زاناو لەسەرخۆیە (بەم ئایەتە پێغەمبەر ﷺ بەشکردنی شەو لەنێوان خێزانەکانیدا لەسەر پێویست نەماو کەوتە دەست خۆی بەڵام ئەو هەر بە شێوەی یەکسانی هاتوچۆی دەکردن تا دڵیان باشتر ڕاگیر بکاتو ئەوانیش بزانن کە ئەمە پێویست نیە لەسەری، هەر خوایش زانایە. لەخاتون عائیشەوە (خوا لێی خۆشبێت) هاتووە کەوتی: من پێم ناخۆش بوو کە ئافرەت خۆی ببەخشێت بە پێغەمبەر ﷺ و دەم وت: ئایا ئافرەت خۆی دەبەخشێت؟! جا کاتێك ﷲ ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ وتم: پەروەردگارت هەر زۆر پەلە دەکات بۆ ئەنجامدانی ئارەزۆکانت/مسلم). ئینجا دەفەرموێ:

﴿٥٢﴾ پاش ئەم ژنانەی کە هەتن نابێت ژنی تر بهێنێتو نابێت ئەو ژنانەی کە هەتن بە ژنی تر بیگۆڕیتەوە ئەگەر چی جوانی ژنانی تر سرنجت بۆ لای خۆیان ڕاکێشێت مەگەر ئەو کەنیزانەی کە بە موڵکی دەستت کەوێت، ئەوسا ﷲ بەسەر هەمو شتێکدا چاودێرەو هیچی لێ ون نابێت.

﴿٥٣﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە مەچنە ماڵەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ مەگەر بۆ خواردن ماوەتان پێ بدرێتو بۆ ئەو خواردنەیش نەچن هەتا پێ دەگات بەڵام هەر کاتێك دەعوەت کران بچنە ژوورەوە، جا هەر کاتێك نانتان خوارد ئەوسا بێنە دەرەوەو دامەنیشن بۆ قسەکردن، چونکە ئەوە دەبێت بە هۆی ئازاردانی پێغەمبەر ﷺ و ئەویش شەرمتان لێ دەکات کە جوابتان بکات بۆ دەرچون ، بەڵام ﷲ شەرم لە فرمانی ڕاست ناکات کە واتە: بەبێ ڕێگادان نەچنە ژورەوەو وە کە چوشن بەپێی پیویست دانەنیشن. جاهەر کاتێك داوای شتێکتان لە خێزانانی پێغەمبەر ﷺ کرد لە پشت پەردەوە داوایان لێ بکەن ئەمە پاکترە بۆ دڵی ئێوەو ئەوانیش، ئەوسا بۆتان نیە ئازاری پێغەمبەری خوا ﷺ بدەنو هەرگیز نابێت پاش ئەو خێزانەکانی بخوازن بەڕاستی ئەوە لەلای ﷲ تاوانێکی گەورەیە.

﴿٥٤﴾ ئەگەر هەر شتێك لەو بارەوە بە ئاشکرا بڵێن یان بیشارنەوە چاك بزانن کە ﷲ بە هەمو شتێك دەزانێتو تۆڵەتان لێ دەسێنێت.

﴿٥٥﴾ ژنانی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر ڕووبەڕوو قسەیان کرد لەگەڵ باوکیانداو لەگەڵ کوڕیانداو لەگەل برایانداو لەگەل کوڕانی برایانداو لەگەل کوڕانی خوشکانیانداو لەگەڵ

لَّا جُنَاحَ عَلَيۡهِنَّ فِيٓ ءَابَآئِهِنَّ وَلَآ أَبۡنَآئِهِنَّ وَلَآ إِخۡوَٰنِهِنَّ وَلَآ أَبۡنَآءِ
إِخۡوَٰنِهِنَّ وَلَآ أَبۡنَآءِ أَخَوَٰتِهِنَّ وَلَا نِسَآئِهِنَّ وَلَا مَا مَلَكَتۡ
أَيۡمَٰنُهُنَّۗ وَٱتَّقِينَ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدًا
٥٥ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ٥٦ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ
ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابٗا
مُّهِينٗا ٥٧ وَٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ
بِغَيۡرِ مَا ٱكۡتَسَبُواْ فَقَدِ ٱحۡتَمَلُواْ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ٥٨
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ
عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ
ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٥٩ ۞ لَّئِن لَّمۡ يَنتَهِ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ
فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ وَٱلۡمُرۡجِفُونَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ لَنُغۡرِيَنَّكَ
بِهِمۡ ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَآ إِلَّا قَلِيلٗا ٦٠ مَّلۡعُونِينَۖ
أَيۡنَمَا ثُقِفُوٓاْ أُخِذُواْ وَقُتِّلُواْ تَقۡتِيلٗا ٦١ سُنَّةَ ٱللَّهِ فِي
ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلُۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗا ٦٢

ئافرەتانی موسڵماندا و لەگەڵ کەنیزەکانیاندا هیچ تاوانێکیان لە سەر نیە و پێویستی بە پشتی پەردە نیە، جا لە ﷲ بترسن بەبێگومان کە ﷲ بە سەر هەمو شتێکدا ئاگادارە.

٥٦ بەڕاستی ﷲو فریشتەکانی سەڵاوات لە پێغەمبەر ﷺ دەدەن ئەی خاوەنی باوەڕان ئێوەش سەڵاواتی لەسەر بدەنو سەلامی لێ بکەن، چۆن سەلامێك، وتراوە سەڵاواتی ﷲ واتە: سۆزو ڕەزامەندیو سەڵاواتی فریشتە واتە دوعاو داوای لێ خۆشبوون بۆ کردنیو سەڵاواتی ئوممەتی دیسان دوعا بۆ کردنیو گەورەو ڕێز لێ گرتنی فرمانەکانیەتی، جا بەڕاستی کەسێك خوا خۆی ڕێزی بۆ دانا بێت پێویستی بە سەڵاواتی ئێمەو تەنانەت فریشتەکانیش نیە بەڵکو ڕێز لێ گرتنو دوعا بۆ کردنی سوودەکەی بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە چونکە دەبێت بە مایەی سۆزی ﷲو ڕژاندنی رەحمەتی بە سەرماندا، پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ:{ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ وَاحِدَةً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ عَشْرًا/ مسلم/ هەر کەس سڵاواتێکم لەسەر بدات ﷲ دە جار ناوی بە چاکە دەبات }.

٥٧ بەڕاستی ئەو کەسانەی کە ﷲو پێغەمبەرەکەی ﷺ ئازار دەدەن لە دنیاو لە دوارۆژدا بەر نەفرینی ﷲ کەوتونو سزایەکی زەبونکەریان بۆ ئامادە کراوە.

٥٨ جا ئەو کەسانەش کە پیاوانو ژنانی باوەڕدار ئازار دەدەن بە بێ ئەوەی کە تاوانێکیان کردبێت بەڕاستی بارێك بوختانو تاوانی ئاشکرایان لەسەر خۆیان بار کردوە بۆ قیامەتی خۆیان.

٥٩ ئەی پێغەمبەر ﷺ بە ژنانتو کچانتو ژنانی باوەڕداران بڵێ با بە سەرپۆشەکانیان یەخەو سینگیان داپۆشن ئەوە چاکترە بۆ ئەوەی بناسرێنەوە کە پاك داوێننو ئازار نەدرێن، خۆ ﷲ لێبووردەو بەسۆزە بۆ بەندەکانی، ئەمە دابو نەریتێکی جوانە بۆ خواناسان. ئەوسا سەبارەت بە خراپانیش دەفەرموێ:

٦٠ بەڕاستی دووڕووەکانو ئەوانەی کە لەناو دڵیاندا نەخۆشی بێ باوەڕی هەیەو ئەوانەش کە دژی موسڵمانان لەناو شاری مەدینەدا پڕوپاگەندە بڵاو دەکەنەوە، ئەوانە ئەگەر واز نەهێنن بەراستی تۆیان لێ هەڵدەنێین کە دژیان بوەستیت، جا زاڵت دەکەین بەسەریاندا پاشان کەمێك لەوان نەبێت لەو شارەدا ناتوانن ببن بە هاوسێت یان پاش ماوەیەکی کەم دەردەکرێن یان دەکوژرێن.

٦١ جا ئەمانە دەرکراولەرەحمەتی خوا دەبنو لە هەر کوێدا توشبون دەستگیر دەکرێنو دەکوژرێن. ئەمە دیمەنی مەدینەیە لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامەوەو لەولایشەوە سێ تیرەی جولەکەی تێدابو، بەڵام پێغەمبەر ﷺ بە خۆگری خۆیو یارە پەروەردەکراوەکانی پاش ماوەیەکی کەم کردی بە جێگای بتەوی ئەو حکومەتەو هەرچی تێیدابوو یەك دەستو یەك قسەو یەك بەرنامە بون، ئەوسا بۆ چەندین سەدەیش پاش پێغەمبەرمان ﷺ هەر بەم شێوەیە مایەوە.

٦٢ ئەمە باوو نەریتی ﷲیە لەناو ئەو کەسانەدا کە لە پێش ئەمانەوە بوون، کە بە بۆنەی سەرپێچیو دژایەتی ئایینو پێغەمبەرەکانی خۆیان لەناوبرانو قڕکران، جا ئەمە باوی ﷲیە با ئەوانیش بەسەر خۆیاندا بێنەوە کە

يَسْـَٔلُكَ ٱلنَّاسُ عَنِ ٱلسَّاعَةِ ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَمَا يُدْرِيكَ
لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ تَكُونُ قَرِيبًا ﴿٦٣﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَنَ ٱلْكَـٰفِرِينَ وَأَعَدَّ
لَهُمْ سَعِيرًا ﴿٦٤﴾ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ لَّا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا
﴿٦٥﴾ يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِى ٱلنَّارِ يَقُولُونَ يَـٰلَيْتَنَآ أَطَعْنَا ٱللَّهَ
وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا۠ ﴿٦٦﴾ وَقَالُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا
فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ رَبَّنَآ ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ
وَٱلْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا ﴿٦٨﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ
ءَاذَوْا۟ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُوا۟ ۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهًا ﴿٦٩﴾
يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ
لَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ
فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا
ٱلْإِنسَـٰنُ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ﴿٧٢﴾ لِّيُعَذِّبَ ٱللَّهُ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ
وَٱلْمُنَـٰفِقَـٰتِ وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَـٰتِ وَيَتُوبَ ٱللَّهُ
عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٣﴾

ئەگەر هەر ئاوا بمێننەوە چارەنوسیان هەروەکو ئەوان دەبێت چونکە سونەتو باوی الله ناگۆڕێت.

(٦٣) لە بارەی کاتی هاتنی قیامەتەوە پرسیارت لێ دەکەن بڵێ زانیاری ئەوە تەنها لە لای اللهیە، وەتۆ نازانیت لەوانەیە ئەو کاتە نزیك بێت.

(٦٤) بەبێگومان کە الله نەفرینی لە کافران کردوەو لە دۆزەخیشدا ئاگرێکی بە ئازاری بۆ داناون.

(٦٥) کە بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە، کە هیچ دۆستو یارمەتیدەرێکیشیان دەست ناکەوێت کە بێت بە دەمیانەوەو یارمەتیان بداتو لەو سزایە رزگاریان بکات.

(٦٦) جا ئەوەش لە ڕۆژێکدایە کە دەمو چاویان لەناو ئاگردا ئەم دیو دیوی پێدەکرێت، دەڵێن: وای بۆ ئێمە خۆزگە بە گوێی فرمانی اللهو پێغەمبەرەکەیمان ﷺ بکردایە، تا ئێستا لەم سزایە رزگار بوینایە.

(٦٧) جاوتیان: ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی ئێمە گوێڕایەڵی ئاغاکانو گەورەکانی خۆمان بووین جا ئەوانیش ئێمەیان لە ڕێگای ڕاست لاداو گومڕایان کردین.

(٦٨) جا ئەی پەروەردگارم لە سزای سەختی دۆزەخ دوو بەرامبەریان پێ بدەو لەعنەتیان لێ بکە لەعنەتێکی گەورە، خۆ الله سزای هەمویان دوو بەرامبەر دەکات بەڵام ئەوان نەزانن.

(٦٩) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە وەکو ئەو کەسانە مەبن کە موسایان ئازار دا، جا الله بەدرۆی خستنەوە لەوەی کەدەیان وت: (موسا بۆیە خۆی ناشۆرێت لەگەڵ ئێمەدا چونکە قۆڕە بەڵام کاتێك لە دووری گەلەکەی پۆشاکی خۆی لەسەر بەردێك داناو خەریکی خۆشۆردن بوو پێیان زانی بە پەلە هاتن تا موسا ببینن، بەردەکە ڕای کرد تا گەیشتە ناو خەڵکەکە ئینجا موسا پێی گەیشتو لیباسەکەی پۆشیو بۆیان دەرکەوت کە موسا قۆڕ نیە). بەڵکو ئەو لەلای الله پایە بەرزە. لە سەحیحی بوخاریدا هاتوە کە: پێغەمبەر ﷺ جارێك هەندێك شتی دابەشکرد بەسەر کۆمەڵێك لە خەڵکداو پیاوێك وتی: ئەم بەشکردنە مەبەستی خوای تێدا نەبوە، جا پێغەمبەر ﷺ لەمە تووڕە بوو پاشان فەرموی: رحمەتی خوا لە موسا بەڕاستی بە زۆرتر لەمە ئازار درا بەڵام ئەو هەر خۆی گرت).

(٧٠) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە لە الله بترسنو قسە بکەن بە قسەیەکی راستودروست.

(٧١) کە کردارەکانتان لێ وەردەگرێتو چاوپۆشی لە تاوانەکانتان دەکات، ئەوسا هەر کەسێك گوێڕایەڵی اللهو پێغەمبەرەکەی بێت ﷺ بێگومان خۆشبەخت بوە بە خۆشبەختیەکی گەورە.

(٧٢) بەبێگومان خۆمان ئەم ئەمانەتەمان رانواند بەسەر ئاسمانەکانو زەویو چیاکاندا (بەڵکو بتوانن شان بدەنە بەری بەڵام ئەوان) خۆیان لادا لێی و ترسان لە هەڵگرتنیو مرۆڤ هەڵیگرت بەڕاستی ئەو بەم کارەی ستەمی لە خۆی کردو نەزان بوو بە سەرئەنجامی کارەکەی.

(٧٣) تا سەرئەنجام الله سزای پیاوانو ژنانی دووڕوو موشریك بداتو الله تەوبە لە پیاوانو ژنانی باوەڕدار وەربگرێت، خۆ الله زۆر لێبووردەیە لە بەندەکانیو زۆر بەسۆزە بۆیان.

٣٤ سُورَةُ سَبَإٍ ٥٤

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُ
فِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ وَهُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ١ يَعۡلَمُ مَا يَلِجُ فِي ٱلۡأَرۡضِ
وَمَا يَخۡرُجُ مِنۡهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا يَعۡرُجُ فِيهَاۚ وَهُوَ
ٱلرَّحِيمُ ٱلۡغَفُورُ ٢ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَأۡتِينَا ٱلسَّاعَةُۖ
قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتَأۡتِيَنَّكُمۡ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِۖ لَا يَعۡزُبُ عَنۡهُ مِثۡقَالُ
ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَآ أَصۡغَرُ مِن ذَٰلِكَ
وَلَآ أَكۡبَرُ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ٣ لِّيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ
كَرِيمٞ ٤ وَٱلَّذِينَ سَعَوۡ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُوْلَٰٓئِكَ
لَهُمۡ عَذَابٞ مِّن رِّجۡزٍ أَلِيمٞ ٥ وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ
ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلۡحَقَّ وَيَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ
ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ٦ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ هَلۡ نَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ رَجُلٖ
يُنَبِّئُكُمۡ إِذَا مُزِّقۡتُمۡ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّكُمۡ لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍ ٧

٣٤ سورەتی سەبەء ٥٤

سورەتی سەبە ء کە پەنجاو چوار ئایەتە، سورەتی سی‌و چوارەمی قورئانە،لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە جگە لە ئایەتی ﴿ وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلۡحَقَّ ﴾، بەلاّم وتویانە مەبەست لەم ئایەتەش ئەهلی کیتاب نیە، بەڵکو مەبەست هاوەڵانی پێغەمبەرن‌و ئەم ئایەتەش هەر مەکەییە. وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی پەنجاو هەشتەمەو پاش سورەتی (لقمان)و پێش (الزمر) دابەزیوە.

وشەی (سبأ) یەکجار لە سورەتی نەمل‌و یەکجاریش لەم سورەتەدا هاتوە کە ناوی دەوڵەتێکی پێشکەوتوی کۆنە لە وڵاتی یەمەنداو پایتەختەکەی شاری سبأ یان "مَأرِب"بوە.

بەناوی ٱللَّه ی زۆر بەسۆز و بێنیهایەت میهرەبان

(١) تەواوی سوپاس بۆ ٱللَّهیە ئەو زاتەی کە ئەوەی لەناو ئاسمانان‌و زەویدایە موڵکی ئەوەو خۆی دروستیکردون‌و هەر بۆ ئەوە سوپاس لە دوارۆژدا هەروەك لە دنیادا وهەر خۆی شایستەی سوپاسە، جا هەر خۆیشێتی کار بەجیّ‌و زۆر بەئاگا.

(٢) ئەوەی کە دەچێتە ناو زەوی‌و ئەوەش کە لێی دەردەچێت‌و ئەوەی کە لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوەو ئەوەش کە لێیەوە سەردەکەوێت ئەو پێی دەزانێت‌و هەر ئەو خۆیشی بە سۆزە بۆ بەندەکانی‌و چاوپۆشی دەکا لە تاوانەکانیان.

(٣) جا ئەو کەسانەی کە خوا نەناسن وتیان: قیامەت نایەت‌و کاتێ کە مردین زیندو نابینەوە بڵێ: وانیە سوێند بە پەروەردگارم قیامەتتان دێت کەخۆی زانەری تەواوی نهێنیەکانەو بە ئەندازەی گەردیلەیەك‌و بچوکتر لەویش یان گەورەتر لەناو ئاسمانان‌و لەناو زەویدا لەو زاتە ون نابێت، بەڵکو هەموی لەناو پەڕاوی ڕۆشنکەرەوەدایە، بێگومان کەڕۆژی حیساب‌و لێکۆڵینەوە دێت.

(٤) تا بەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە پاداشتیان بداتەوە، کە ئەوانە لێبوردنیان بۆ هەیەو ڕۆزییەکی زۆرو پاك‌و خاوێنیش.

(٥) جا ئەو کەسانەی کە هەوڵیان داوە کە بەڵگەکانی ئێمە هەڵوەشێننەوەو وایان دەزانی کە لە دەست ئێمە ڕزگار دەبن بۆ ئەوانە هەیە سزایەك لە سزای زۆر بەژان.

(٦) خۆ ئەوانەی کە زانیاریان پێ دراوە چاك دەزانن کە ئەوەی نێردراوە بۆ لای تۆ هەر ئەوە ڕاستەو ڕێنمونی دەکات بۆ ڕێگای زاتی بە دەسەڵاتی سوپاسکراو، واتە: دژایەتیەکەیان تەنها خۆ بەزل زانین‌و لە خۆبایی بوونەو هیچی تر.

(٧) جا خوا نەناسان وتیان: ئایا پیاوێکتان بۆ دەست نیشان بکەین کە دەڵێت: هەر کاتێك ئێسقانەکانتان بە تەواوی ڕزی‌و پتورکا بەڕاستی جارێکی تر سەر لەنوێ دەبنەوە وەکو خۆتان؟!

(٨) ئایا ئەم کەسە درۆ بەدەم ٱللَّهوە دەکات یان شێتە؟ نەخێر ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نیە لەو ڕۆژەدا وان لە ناو سزاو گومڕاییەکی زۆر دوور لە ڕاستی،

أَفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَم بِهِۦ جِنَّةٌۢ بَلِ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ
فِى ٱلْعَذَابِ وَٱلضَّلَـٰلِ ٱلْبَعِيدِ ﴿٨﴾ أَفَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَىٰ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ
وَمَا خَلْفَهُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِن نَّشَأْ نَخْسِفْ بِهِمُ
ٱلْأَرْضَ أَوْ نُسْقِطْ عَلَيْهِمْ كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ
لَـَٔايَةً لِّكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ ﴿٩﴾ ۞ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ مِنَّا فَضْلًا ۖ
يَـٰجِبَالُ أَوِّبِى مَعَهُۥ وَٱلطَّيْرَ ۖ وَأَلَنَّا لَهُ ٱلْحَدِيدَ ﴿١٠﴾ أَنِ ٱعْمَلْ
سَـٰبِغَـٰتٍ وَقَدِّرْ فِى ٱلسَّرْدِ ۖ وَٱعْمَلُوا۟ صَـٰلِحًا ۖ إِنِّى بِمَا تَعْمَلُونَ
بَصِيرٌ ﴿١١﴾ وَلِسُلَيْمَـٰنَ ٱلرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ ۖ
وَأَسَلْنَا لَهُۥ عَيْنَ ٱلْقِطْرِ ۖ وَمِنَ ٱلْجِنِّ مَن يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ
رَبِّهِۦ ۖ وَمَن يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ ﴿١٢﴾
يَعْمَلُونَ لَهُۥ مَا يَشَآءُ مِن مَّحَـٰرِيبَ وَتَمَـٰثِيلَ وَجِفَانٍ كَٱلْجَوَابِ
وَقُدُورٍ رَّاسِيَـٰتٍ ۚ ٱعْمَلُوٓا۟ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكْرًا ۚ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِىَ
ٱلشَّكُورُ ﴿١٣﴾ فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَىٰ مَوْتِهِۦٓ
إِلَّا دَآبَّةُ ٱلْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُۥ ۖ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلْجِنُّ
أَن لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ٱلْغَيْبَ مَا لَبِثُوا۟ فِى ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ ﴿١٤﴾

ئینجا پەروەردگار باسی هەندێك لەو شتانە دەكات كە ئاشكراكەری دەسەڵاتو زانای‌و دانایی اللهیەو دەفەرموێ:

(٩) ئایا تەماشا ناكەن بۆ بەردەمی خۆیان‌و بۆ دوایان كە لە هەموو لایەكەوە ئاسمان‌و زەوی دەبینن ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە ناخی زەویدا دەیانبەینە خوارەوە یان پارچەیەك لە ئاسمان دەخەین بە سەریانداو ئەوان هیچ بەرگریەكیان پێ ناكرێت، بێگومان كە لەوەدا نیشانەیەكی گەورە هەیە بۆ هەمو بەندەیەك كە بگەڕێتەوە بۆلای الله.
پاشان پەروەردگار باسی هەندێك لەو نیعمەتانەی خۆی دەكات كە داونی بە داودو پاشان سلێمانی كوڕی‌و دەفەرموێ:

(١٠) بەڕاستی لەلایەن خۆمانەوە بەشێكی چاكمان دا بە داود كە وتمان: ئەی چیاكان لەگەڵ ئەودا زیكرەكانی بلێنەوەو باڵندەكانیش، وە ئاسنمان لە دەستی ئەودا نەرم كرد كە بتوانێ بە ئارەزۆی خۆی هەرچی مەیل بكات دروستی بكات.

(١١) جا بە داوودمان وت: پۆشاكی زرێ دروست بكەو با حەڵقەكانی وەكو یەك بێت تا تیرو شیر نەتوانێت بە ناویدا بڕوات، جا كرداری چاكیش بكە بەڕاستی من بینەری ئەوانەم كە ئێوە دەیكەن. لە بوخاریدا هاتوە كە پێغەمبەر ﷺ شەو گوێی لە قورئان خوێندنی ئەبو موسای ئەشعەری بو، جا پێغەمبەر ﷺ وەستاو گوێی لێ ڕاگرتو فەرموی:{لَقَد أُتِيَ هَذَا مِزمَاراً مِن مَزَامِير آلِ دَاوُد/ بەڕاستی ئەمە ئاوازێكی خۆشی پێدراوە لە ئاوازەكانە بەرەی داود}.

(١٢) خۆ بە سلێمانیش بایەكمان دا بوو كە بەتاقی بەیانی ڕێگای یەك مانگی دەبری‌و بەتاقی ئێوارەش ڕێگای یەك مانگ‌و چاوگەی مزیشمان بۆ تواندەوەو هەندێ لە جنۆكەكانیش بە فرمانی الله لەبەر دەستی سلێمان دا ئیشیان بۆ دەكردو هەر كام لەوان بە سەرپێچی كردن لە بڕیاری سلێمان فرمانی ئێمەیان بشكاندایە ئێمە سزای ئاگرمان پێ دەچەژاند

(١٣) جا هەرچی بویستایە لە كۆشك‌و تەلاری بەرزو پەیكەرەكان‌و حەوزی گەورەی ئاوو مەنجەڵی گەورەو گران بۆیان دروست دەكرد. دیارە كە لە ئایینی ئەودا دروستكردنی پەیكەری گیان لەبەران حەرام نەبوە، یان وتراوە كە ئەوانە پەیكەری گیان لەبەران نەبوون. جا وتمان: ئەی خێڵ‌و بنەماڵەی داود سوپاسگوزار بن كە بەڕاستی كەمێك لە بەندەكانم سوپاسگوزارن؟!

(١٤) جا ئەو كاتەی كە بڕیاری مردنی سلێمانمان دا هیچ كەس بە مردنەكەی نەزانی.وتراوە كە سلێمان خۆی دابوو بەسەر عەساكەیدا جا لەو كاتەدا گیانی دەرچوو بو هەر بەو شێوەیشە مابووە تا جنۆكەكانی ئەو كارەی كە پێی سپاردبوون تەواویان كرد، ئینجا خۆركە لەبنەوە عەساكەی خواردو كەوت ئینجا زانیان كە سلێمان مردوە، جا كاتێك كەوت ئیتر جنۆكەكان زانیان كە ئەوان نهێنی نازانن چونكە ئەگەر ئەوان نهێنیان بزانیایەو لە مردنی سلێمان ئاگایان ببووایەوە لەو سزا گاڵتە پێكەرەدا نەدەمانەوە بەڵكو زووتر بڵاوەیان لێ دەكردو ئەو كارانەیان نەدەكرد، بەم شێوەیە پەروەردگار هەم جنۆكەو هەم مرۆڤی تێ گەیاند كە كەستان نهێنیەكان نازانن. ئینجا پەروەردگار بەسەرهاتی گەلێكی خاوەن جێگاو باغ‌و بێستانی زۆرو

لَقَدۡ كَانَ لِسَبَإٖ فِي مَسۡكَنِهِمۡ ءَايَةٞۖ جَنَّتَانِ عَن يَمِينٖ وَشِمَالٖۖ
كُلُواْ مِن رِّزۡقِ رَبِّكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لَهُۥۚ بَلۡدَةٞ طَيِّبَةٞ وَرَبٌّ غَفُورٞ
(١٥) فَأَعۡرَضُواْ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ سَيۡلَ ٱلۡعَرِمِ وَبَدَّلۡنَٰهُم بِجَنَّتَيۡهِمۡ
جَنَّتَيۡنِ ذَوَاتَيۡ أُكُلٍ خَمۡطٖ وَأَثۡلٖ وَشَيۡءٖ مِّن سِدۡرٖ قَلِيلٖ
(١٦) ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِمَا كَفَرُواْۖ وَهَلۡ نُجَٰزِيٓ إِلَّا ٱلۡكَفُورَ (١٧)
وَجَعَلۡنَا بَيۡنَهُمۡ وَبَيۡنَ ٱلۡقُرَى ٱلَّتِي بَٰرَكۡنَا فِيهَا قُرٗى ظَٰهِرَةٗ
وَقَدَّرۡنَا فِيهَا ٱلسَّيۡرَۖ سِيرُواْ فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا ءَامِنِينَ (١٨)
فَقَالُواْ رَبَّنَا بَٰعِدۡ بَيۡنَ أَسۡفَارِنَا وَظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَجَعَلۡنَٰهُمۡ
أَحَادِيثَ وَمَزَّقۡنَٰهُمۡ كُلَّ مُمَزَّقٍۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّكُلِّ صَبَّارٖ
شَكُورٖ (١٩) وَلَقَدۡ صَدَّقَ عَلَيۡهِمۡ إِبۡلِيسُ ظَنَّهُۥ فَٱتَّبَعُوهُ إِلَّا
فَرِيقٗا مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ (٢٠) وَمَا كَانَ لَهُۥ عَلَيۡهِم مِّن سُلۡطَٰنٍ
إِلَّا لِنَعۡلَمَ مَن يُؤۡمِنُ بِٱلۡأٓخِرَةِ مِمَّنۡ هُوَ مِنۡهَا فِي شَكّٖۗ وَرَبُّكَ
عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ حَفِيظٞ (٢١) قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ
ٱللَّهِ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي
ٱلۡأَرۡضِ وَمَا لَهُمۡ فِيهِمَا مِن شِرۡكٖ وَمَا لَهُۥ مِنۡهُم مِّن ظَهِيرٖ (٢٢)

خۆش بەڵام ناسوپاس بەناو (سەبەء)کە لە یەمەن دا نیشتەجێبون باس دەکاتو دەفەرموێ:

(١٥) بەراستی لە بەسەرهاتی جێگاو ڕێگای (سەبەء)دا نمونەیەکی گرنگ هەیە لەسەر دەسەڵاتو هێزی ﷲ. لەلای ڕاستو چەپی ئەو شیوەی ئەوانەوە دوو باخچەی چڕو پڕو بەروبوومدار بوو. جا پێیان وترا: لە ڕۆزی پەروەردگارتان بخۆنو سوپاسی بکەن، جا بەم شێوەیە شارێکی پاكو پەروەردگارێکی لێبوردە.

(١٦) کەچی ئەوان پشتیان لە خواناسیو سوپاسکردنی کرد، جا ئێمەش لافاوێکی داپلۆسێنەرمان بۆ ناردن کە زەویو باغو بێستانی ڕامالینو لەجیاتی ئەو دوو باخچە بەنرخەیان دوو باخچەمان پێدان کە خاوەنی میوەی تاڵو گەزەچارو بەشێکی کەم لە سیدر بوو.

(١٧) ئا ئەوە تۆڵەی ئێمە بوو کە لێمان سەندن، چونکە زۆر ناشوکر بون، ئایا ئێمە سزای ئاوا بە بێجگە لە ناسوپاسان دەچەژێنین؟

(١٨) جا لە نێوان ئەوانو ئەو وڵاتەی شام کە خەیرو پیتمان تێ خست بوو شارو و دێهاتی فرەوانو یەك بەدوایی یەکمان دانا بوو، جا جێگای هاتوچۆو شوێنی حەوانەوەمان بۆ دیاری کرد بون کە ئەگەر لە شارێکدا بە ڕۆژ بحەسانایەوە لە یەکێکی تر شەویان دەکردەوە تا دەچوونو دەهاتنەوە کە پێمان وتن: بە شەوانو بە ڕۆژان بە ناویاندا بەبێ ترس بێنوبچن. جا لەباتی سوپاسی ﷲو شادمان بونیان بەو بارو دۆخەچاکەی کەبۆی ڕەخساندبون ناشوکریان کردو بێ منەت بون.

(١٩) ئەوسا وتیان: ئەی پەروەردگارمان ئەم دێهاتو شارە لە یەك نزیکانەی سەر ڕێگامان لەناو ببەو جێگای حەسانەوەمان دوور بخەرەوە ـ تا فەقیرو هەژار کە وشترو هۆکاری ئازوگویازی چاکیان نیە، نەتوانن بۆ کاسبیو کار هاتوچۆ بکەن، ئەم دەوڵەمەندو سەرمایەدارانە ویستیان بەم شێوەیە خۆیان لە فەقیرو کەم دەرامەت جیابکەنەوەو سوودێکی زیاتریان دەست دەکەوێت، جا داواکانیان زوو وەرگیراو دێهاتو شارە نزیکەکانی سەر ڕێگا لەناوچون، جا بەم ڕەفتارو وتارە نابەجێیو سپەڵەیانەیان ـ ستەمیان لە خۆیان کرد، ئەوسا ئێمەش وا پەرتو بڵاومان کردنەوە کە بوون بە داستانو چیرۆکی دەمی خەڵكو بە تەواوی پارچە پارچەمان کردن، بەڕاستی لەوەدا چەندین بەڵگە هەیە بۆ هەموو خۆگرێکی سوپاسگوزار. بەڵێ لە ڕاستیدا ئەمە فێتی شەیتان بوو کە ئەوان ئاوا سەریان لێ شێواو کردوبونی بە مرۆڤێکی سپڵەو ناشوکر، بۆیە پەروەردگار دەفەرموێ:

(٢٠) بەڕاستی شەیتان گومانەکەی خۆی کە هەڵخەڵەتاندنی ئەو خەڵکە بوو هێنایە دیو فریوی دان ئەوانیش پەیڕەوییان لێ کرد بێجگە لە کەمێك لە باوەڕداران.

(٢١) خۆ شەیتانیش هیچ توانایەکی بەسەر ئەواندا نەبوو بەڵکو ئێمە ماوەمان پێ دا تا دەرکەوێت بۆمان کە چ کەسێك باوەڕی بە دوارۆژ دەهێنێتو چ کەسێکیش لەبارەی ئەو ڕۆژەوە لە گوماندایە، ئەمە تەنها بۆ خۆیانە تا لە دوارۆژدا هەر کەس بەوەی کە کردویەتی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێتو خۆیشی نەتوانێت نکولی لێ بکات ئەگینا

وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن
قُلُوبِهِمْ قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ۖ قَالُوا۟ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ
﴿٢٣﴾ ۞ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ
وَإِنَّآ أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَىٰ هُدًى أَوْ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢٤﴾ قُل
لَّا تُسْـَٔلُونَ عَمَّآ أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْـَٔلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢٥﴾ قُلْ
يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِٱلْحَقِّ وَهُوَ ٱلْفَتَّاحُ ٱلْعَلِيمُ
﴿٢٦﴾ قُلْ أَرُونِىَ ٱلَّذِينَ أَلْحَقْتُم بِهِۦ شُرَكَآءَ ۖ كَلَّا ۚ بَلْ هُوَ ٱللَّهُ
ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢٧﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةً لِّلنَّاسِ
بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٨﴾
وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٩﴾
قُل لَّكُم مِّيعَادُ يَوْمٍ لَّا تَسْتَـْٔخِرُونَ عَنْهُ سَاعَةً وَلَا تَسْتَقْدِمُونَ
﴿٣٠﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ بِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَلَا
بِٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ ۗ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ مَوْقُوفُونَ عِندَ
رَبِّهِمْ يَرْجِعُ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ ٱلْقَوْلَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ
ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ لَوْلَآ أَنتُمْ لَكُنَّا مُؤْمِنِينَ ﴿٣١﴾

ﷲ پێش دروستکردنمان سەر ئەنجامی زانیوین وەکو دەفەرموێ: خۆ پەروەردگارت بەسەر هەموو شتێکدا چاودێرەو ئەو توانای هەیە کە ماوە بە شەیتان نەدات بەڵام دنیا بۆ تاقیکردنەوەیەو پێویستە هۆیەکانی تاقیکردنەوە هەبێت. جا لەپاش باس کردنی بەسەرهاتی ئەم قەومانە دەفەرموێ:

(٢٢) ئەی محمد بە موشریکان بڵێ: بانگ بکەنە ئەو کەسانەی کە بێجگە لە ﷲ دەیانپرستن بابێن بە هاوارتانەوە کە بەڕاستی ئەوانە لەم بونەوەردا خاوەنی ئەندازەی گەردیلەیەکیش نین لە ناو ئاسمانانو نەلەناوزەویدا، جا لە ناویاندا هیچ هابەشو شەریکێکی خوایان نیە، خۆ بۆ ﷲ یش لە ناو ئەوان دا هیچ وەزیرو یارمەتیدەرێك نیە کە یارمەتی بدات نە لە دروستکردنداو نە لە بەڕێوەبردنی کاروباری بونەوەردا. کەوابو ئەی نەفامان ئەو خوا بێ کەڵکانەتان چۆن دەتوانن بێن بەهاوارتانەوە کە خاوەنی خۆیشیان نین؟!

(٢٣) هیچ تکا کردنێك لەلای ئەو سوودی نیە مەگەر بۆ کەسێك کە ﷲ ماوەی پێدابێت، واتە: نە تکا کارێك دەتوانێت تکا بۆ کەس بکاتو نە تکا بۆکراوێك تکای بۆ دەکرێت هەتا ﷲ ماوەیان پێ نەدات، جا لەو کاتەی کە شەفاعەت ڕێگای پێ دراوو ترس لەسەر دڵیان لاچوو هەندێکیان دەڵێن: پەروەردگارتان چی وت؟ هەندێکی تریان وەڵامیان دەدەنەوەو دەڵێن: ڕاستی وتو بەڵێنەکەی هاتەدیو هەر خۆیەتی بڵند مەقامو گەورە. جا ئەوانەی کە موشریکان دەیانپەرستن خاوەنی هیچ سوودو زیانێك نین و لە گەڵ ئەو زاتەی کە خاوەنی هەمو سوودو زیانێکە هاوبەش نینو ئەو زاتەیش هیچی بەئەوان نەسپاردوەو تکا کردنیش بە بێ ویستی ئەو ناکرێت، کەوابو بۆ دەبێت لە بێجگە لەو زاتە بترسینو چاوەڕێی سوود یان زیان بکەین؟!

(٢٤) بڵێ: لە ئاسمانانو لە زەویدا کێ ڕۆزیتان پێ دەدات؟ بڵێ: هەر ﷲ یە ڕۆزیتان پێ دەدات. جا بێگومان یەکێکمان من یان ئێوە، لەسەر ڕێگای ڕاستەو ئەویتر لەناو گومڕایی ئاشکردایە؟ ئەمە قسەی کەسێکە کە لە ڕاستیو دروستی ڕێگای خۆی دڵنیایە، بەڵام بۆ ئەوەی کە بیانکێشێت بۆناو باسو لێکۆڵینەوە بەم وشە نەرمە لە گەڵیان دا دەدوێت، لە ڕاستیدا ئەمە وانەیەکی گرنگە بۆ بانگەوازخوازان.

(٢٥) بڵێ: لەبارەی ئەو تاوانانەی کە ئێمە دەیکەین پرسیار لە ئێوە ناکرێتو لە ئێمەش ناپرسنەوە لەبارەی ئەوەی کە ئێوە دەیکەنو هەرکەس باری خۆی هەڵدەگرێت. تەماشای میهرەبانی بانگەوازکەرانی ڕاستەقینە بکە کە بۆ خۆیان وشەی تاوان دەڵێت بۆ ئەوان کردار دەڵێت ئاوایە بانگەوازی حەکیمانە کە لەم سورەتە مەکەییانەدا هاتوە، ئای خۆزگە بانگەوازکەرانی ئیسلامی ئەم سەردەمەیش دەگەڕانەوە بەخۆیانداو پلەو پایەی خۆیانو پەیامەکەیانو بەندەکانی ﷲ یان بزانیایەو بۆ هەر کامێکیان مافی خۆیان پێ بدایەو بانگەوازیان بۆ لای ﷲ بووایە نەك بۆ لای پارتو حیزبو خۆپەرستی؟!

(٢٦) بڵێ: پەروەردگارمان لە ڕۆژی قیامەتدا کۆمان دەکاتەو پاشان بەڕاستی لە نێوانماندا بڕیار دەدات، چاکان بۆ بەهەشتو خراپان بۆ ئاگر، جا هەر خۆیەتی بڕیاردەرو زانەر بەڕاستیو دروستی هەموو شتێك.

قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ لِلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُوٓاْ أَنَحۡنُ صَدَدۡنَٰكُمۡ
عَنِ ٱلۡهُدَىٰ بَعۡدَ إِذۡ جَآءَكُمۖ بَلۡ كُنتُم مُّجۡرِمِينَ ﴿٣٢﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ
ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ بَلۡ مَكۡرُ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ إِذۡ
تَأۡمُرُونَنَآ أَن نَّكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَنَجۡعَلَ لَهُۥٓ أَندَادٗاۚ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّدَامَةَ
لَمَّا رَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَۚ وَجَعَلۡنَا ٱلۡأَغۡلَٰلَ فِيٓ أَعۡنَاقِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۖ
هَلۡ يُجۡزَوۡنَ إِلَّا مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٣٣﴾ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِي قَرۡيَةٖ
مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٣٤﴾
وَقَالُواْ نَحۡنُ أَكۡثَرُ أَمۡوَٰلٗا وَأَوۡلَٰدٗا وَمَا نَحۡنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿٣٥﴾
قُلۡ إِنَّ رَبِّي يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ
لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٣٦﴾ وَمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُم بِٱلَّتِي تُقَرِّبُكُمۡ عِندَنَا
زُلۡفَىٰٓ إِلَّا مَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ جَزَآءُ ٱلضِّعۡفِ
بِمَا عَمِلُواْ وَهُمۡ فِي ٱلۡغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱلَّذِينَ يَسۡعَوۡنَ فِيٓ
ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلۡعَذَابِ مُحۡضَرُونَ ﴿٣٨﴾ قُلۡ
إِنَّ رَبِّي يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُ لَهُۥۚ وَمَآ
أَنفَقۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَهُوَ يُخۡلِفُهُۥۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿٣٩﴾

﴿٢٧﴾ بلێ: پیشانم بدەن ئەوانەی کە کردوتانن بە هاوبەشی ﷲ، کوانو لەکوێن؟ کەلە راستیدا هیچ هاوبەشێکی نیە بەڵکو ئەو پەروەردگاری بە تواناو کار بەجێیە.

﴿٢٨﴾ خۆ تۆمان ڕەوانە نەکردوە مەگەر بۆ هەمو خەڵك بەبێ جیاوازی زمانو نەژادو ڕەنگ کە موژدەدەر بیت بە بەهەشتو پاداشتیو هەرگیز دوانەهاتوو بۆ چاکانو ترسێنەری بیت بە دۆزەخو سزای سەختو بە ژانو هەرگیز نەبڕاوە بۆ خراپانی خوانەناس. بەڵام زۆربەی خەڵك ئەمە نازانن‌و خۆیانی لێ لادەدەن.

﴿٢٩﴾ جا دەڵێن: کەی ئەم بەڵێنە دێتە جێ ئەگەر ڕاست دەکەن. واتە: لە باتی پەشیمان بوونەوەو داوای لێبوردن گاڵتە بە هاتنی ئەو ڕۆژە دەکەن‌و بەپەلەن بۆی؟! جا پەروەردگاریش دەفەرموێ:

﴿٣٠﴾ پێیان بلێ: بۆ ئێوە رۆژێکی دیاریکراو هەیە کە ئەگەر ئەو رۆژە هات ئیتر ئەگەر داواش بکەن تاوێك لەو ڕۆژە نە دوا دەکەون‌و نە پێشیش دەکەون

﴿٣١﴾ ئەو خوانەناسانە وتیان: نە باوەڕ بەم قورئانە دەکەین‌و نە باوەڕ بەوانەی پێش ئەویش. کە هەمویان بەڵگەن لەسەر زیندوبوونەوەو حەشرو حیساب، جا خوای گەورە دەفەرموێ: ئەگەر تۆ دەت بینی کە ئەم ستەمکارانە لە بەرامبەر پەروەردگاری خۆیانەوە چۆن وەستێنراون کە هەندێکیان لە دەمی هەندێکیان دەدەنەوەو ئەوانەی کە شوێنکەوتون بەوانەی کە لوت بەرزو ئاغایان بون دەڵێن: ئەگەر هەڵەی ئێوە نەبووایە ئێمە باوەڕمان دەهێناو ئەمڕۆ ئاوا گرفتار نەدەبوین.

﴿٣٢﴾ لوتبەرزان بەوانەی کە ژێردەستە بوون دەڵێن: ئایا ئێمە بووین کە ئێوەمان بە زۆر لە ڕێگای ڕاست لادا پاش ئەوەی کە پێغەمبەرتان هاتە لا؟ نەخێر، ئێوە خۆتان تاوانبارن‌و ستەمتان لە خۆتان کردوە.

﴿٣٣﴾ جا ژێردەستانیش بە لوت بەرزانیان دەڵێن: نەخێر وانیە کە ئێوە دەڵێن بەڵکو شەوو ڕۆژتان لەئێمە حەرام کردو بە فاتو فیتو وازتان لە ئێمە نەهێناو ئێمەتان هەڵخەڵەتاندو لە ڕێگای راست لاتان داین ئەو کاتەی کە فرمانتان پێ کردین کە بە ﷲ باوەڕ نەکەین و هاوبەشانێکیشی بۆ دابنێن، جا ئەو کاتەی کە سزایان بینی بەم شێوەیە پەشیمانی خۆیان دەردبڕن.خۆ ئێمە زنجیر دەکەینە ملی ئەو کەسانەی کە خوا نەناسن، ئایا تۆڵەمان لێ سەندن بێجگە لەسەر ئەو کردارانەی کە لە دنیادا کردویانە؟ واتە: هەر کەس سزای هەر ئەوە دەچەژێت کە کردویەتی وستەمی لێ ناکرێت.

﴿٣٤﴾ هیچ پێغەمبەرێکی ترسێنەرمان رەوانە نەکردوە بۆ هیچ گەلێك مەگر سەرمایەدارو ئاغاکانیان بەو پێغەمبەرانەیان وتووە: ئیمە بە ئەوی کە ئێوە بۆی رەوانەکراون بێ‌باوەڕین. جا حاڵی ئەوانەی کە ئەمڕۆ باوەر بەتۆ ناهێنن هەر وەك ئەوان وایەو ئەنجامیشیان هەر وەك ئەوان دەبێت.

﴿٣٥﴾ جا وتیان: ئێمە سەروەتو سامان‌و منداڵی زۆرترمان هەیەو ئێمە سزا نادرێین. چونکە وادەزانن ئەگەر لەلای ﷲ خۆشەویست نەبونایە ئەوانەیان پێ نەدەدرا.

(٣٦) بڵێ: بەڕاستی پەروەردگارم بە لێشاوی ڕۆزی دەدات بە کەسێك کە خۆی مەیلی لێ بێتو هەر وەهایش دەیگرێتەوە بەڵام زۆربەی خەڵك ئەو ڕاستیە نازانن.

(٣٧) پێویستە ئەوەش بزانن کە نەسەروەتو سامانتانو نە منداڵانتان نابن بەهۆی ئەوەی کە لە ئێمەوە نزیکتان کەنەوە بەڵام ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێنا بێتو کرداری چاکیان کرد بێت ئەوانە لە ئێمەوە نزیکن، جا ئەوانە بە هۆی ئەو کردارانەی کە کردوویانە پاداشتی چەند بەرامبەریان بۆ هەیە، خۆ ئەوان لەناو هۆدەکانی ناو کۆشکەکانیان لە بەهەشتدا بێ ترسانە ژیان بە خۆشیەکی بەردەوامەوە دەبەنە سەر.

(٣٨) جا ئەوانەی کە بۆ دژایەتی نیشانەکانی ئێمەو ناشیرین کردنیان هەوڵ دەدەن ناتوانن لە دەست ئێمە دەربچن، ئەوانە هەموویان لەناو سزای دۆزەخ دا ئامادە دەکرێن.

(٣٩) بڵێ: بەڕاستی پەروەردگارم بە لێشاوی ڕۆزی دەدات بەو کەسانەی کە ئارەزۆی لێ بێت لە بەندەکانیو دەیگرێتەوە لێیشی، جا ئەوەی کە دەیبەخشن هەر شتێك هەبێت بەڕاستی پەروەردگار جێگای پڕ دەکاتەوە، وەئەو چاکترینی ڕۆزیدەرانە. پیغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {مَا مِنْ يَوْمٍ يُصْبِحُ الْعِبَادُ فِيهِ إِلَّا مَلَكَانِ يَنْزِلَانِ فَيَقُولُ أَحَدُهُمَا اللَّهُمَّ أَعْطِ مُنْفِقًا خَلَفًا وَيَقُولُ الْآخَرُ اللَّهُمَّ أَعْطِ مُمْسِكًا تَلَفًا /متفق عليه/ هیچ ڕۆژێك لەبەندەکان نابێتەوە مەگەر دوو فریشتە دادەبەزن جا یەکێکیان دەڵێ: ئەی ﷲ ببەخشە بەوەی کە دەبەخشێت،وە ئەوی تریان دەڵێ: ئەی ﷲ بگرەوە لەوەی کە دەگرێتەوەو نابەخشێت}.

(٤٠) وە لەو ڕۆژەدا هەمو موشریکان کۆ دەکاتەوە ئینجا بە فریشتەکان دەفەرموێ: ئایا ئەمانە بەندایەتی ئێوەیان کردوە؟ وە ئێوە پێتان وتوون کە ئاوا بکەن.

(٤١) ئەوانیش وتیان: پاكو بێ عەیبی هەر بۆ تۆیەو هیچ هاوەڵێکت نیە، تۆ دۆستی ئێمەیت نە ئەوان بەڵکو ئەوانە جنۆکەیان دەپەرستو پەیڕەویان لەوان دەکردو زۆربەیان باوەڕیان بەوان بوو.

وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا۟
يَعْبُدُونَ ﴿٤٠﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم ۖ بَلْ كَانُوا۟
يَعْبُدُونَ ٱلْجِنَّ ۖ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾ فَٱلْيَوْمَ لَا يَمْلِكُ
بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَّفْعًا وَلَا ضَرًّا وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ذُوقُوا۟ عَذَابَ
ٱلنَّارِ ٱلَّتِى كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴿٤٢﴾ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ
قَالُوا۟ مَا هَٰذَآ إِلَّا رَجُلٌ يُرِيدُ أَن يَصُدَّكُمْ عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُكُمْ
وَقَالُوا۟ مَا هَٰذَآ إِلَّآ إِفْكٌ مُّفْتَرًى ۚ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلْحَقِّ لَمَّا
جَآءَهُمْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٤٣﴾ وَمَآ ءَاتَيْنَٰهُم مِّن كُتُبٍ
يَدْرُسُونَهَا ۖ وَمَآ أَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ قَبْلَكَ مِن نَّذِيرٍ ﴿٤٤﴾ وَكَذَّبَ
ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَمَا بَلَغُوا۟ مِعْشَارَ مَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ فَكَذَّبُوا۟ رُسُلِى ۖ
فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٤٥﴾ ۞ قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ ۖ أَن
تَقُومُوا۟ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا۟ ۚ مَا بِصَاحِبِكُم
مِّن جِنَّةٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَىْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٤٦﴾
قُلْ مَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ
كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٤٧﴾ قُلْ إِنَّ رَبِّى يَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿٤٨﴾

(٤٢) جا پەروەردگار دەفەرموێ: دەی بزانن کە ئەمڕۆ هیچ کام لە ئێوە بۆ ئەوی ترتان خاوەنی هیچ سوودو زیانێك نیە، جا بەو کەسانەی کە ستەمیان کردوە دەڵێین: بچەژن سزای ئەو ئاگرەی کە ئێوە باوەڕتان پێی نەبوو. جا با ئیستا هەر هاوار بکەنو بڵێن کە ئەمە ڕاست نیە، وەئەمە ئاگر نیەو ناسوتێنێ!

(٤٣) هەر کاتێك کە نیشانە ڕۆشنکەرەوەکانی ئێمەیان بە سەردا بخوێنرێتەوە دەڵێن: ئەوە هەر پیاوێکەو کە دەیەوێت ئێوە بەرگری بکات لە پەرستنی ئەوەی کە باو باپیرانتان پەرستوویانە. جا دەڵێن: ئەوە هەر درۆیەکە کە هەڵبەستراوەو هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیە، خوا نە ناسانیش بەو پەیامە ڕاستە کە کاتێك هاتە لایان دەڵێن: ئەمە جگە لە سیحرو جادوویەکی ئاشکرا شتێکی تر نیە.

(٤٤) بە ئەوانەی کە وا دەڵێن هیچ پەڕاوێکمان نەدابوو کە بیخوێننەوەو پێش تۆوهیچ پێغەمبەرێکیشمان بۆ نەناردون کەبیان ترسێنێ. جا ئیتر لە سەرە چ بنەمایەکی زانستی دەزانن کە تۆ ڕاست ناکەیتو بەڵگەیان جگە لەنەفامی چی ترە؟

قُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَمَا يُبْدِئُ ٱلْبَٰطِلُ وَمَا يُعِيدُ ﴿٤٩﴾ قُلْ إِن ضَلَلْتُ
فَإِنَّمَآ أَضِلُّ عَلَىٰ نَفْسِى ۖ وَإِنِ ٱهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِىٓ إِلَىَّ رَبِّىٓ ۚ إِنَّهُۥ
سَمِيعٌ قَرِيبٌ ﴿٥٠﴾ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ فَزِعُوا۟ فَلَا فَوْتَ وَأُخِذُوا۟ مِن
مَّكَانٍ قَرِيبٍ ﴿٥١﴾ وَقَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِهِۦ وَأَنَّىٰ لَهُمُ ٱلتَّنَاوُشُ مِن
مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٢﴾ وَقَدْ كَفَرُوا۟ بِهِۦ مِن قَبْلُ ۖ وَيَقْذِفُونَ
بِٱلْغَيْبِ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٣﴾ وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ
كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِم مِّن قَبْلُ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ فِى شَكٍّ مُّرِيبٍۭ ﴿٥٤﴾

سُورَةُ فَاطِرٍ ٣٥ ٤٥

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ جَاعِلِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُو۟لِىٓ
أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۚ يَزِيدُ فِى ٱلْخَلْقِ مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ
شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾ مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ
وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلنَّاسُ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ يَرْزُقُكُم
مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٣﴾

﴿٤٥﴾ خۆ ئەو کەسانەی کە لەپێش ئەوانەوە بوون هەروەکو ئەمانەی سەردەمی تۆ بێ باوەڕبوون بە پێغەمبەرەکانیان لە حاڵێکدا کەدەیەکی ئەو شتانەی کە بە ئەوا نمان دابوو لە هێزو سەروەتو سامانو تەمەن درێژی بەم کافرانەی ئەم سەردەمەمان نەداوە، جا کە ئەوان کاتی خۆی باوەڕیان بە پێغەمبەرانی ئێمە نەکردو بە درۆیان خستنەوە لە ناومان بردن، سا بزانە تۆڵەو سزای ئێمە بۆ ئەوان دە بێ چۆن بووبێت؟ جا پەندو ئامۆژگاری وەرگرنو لاسایی ئەوان مەکەنەوە با دوچاری سزایەکی وەکو سزای ئەوان نەبن، ئەمەش یەکێکە لە میهرەبانی پەروەردگار کە چەند بە جوانی ئامۆژگاری بەندەکانی دەکاتو چەند بە پەرۆشەوەیە بۆیان.

﴿٤٦﴾ بڵێ: من ئامۆژگاریتان هەر بە یەك شت دەکەم ئەویش ئەوەیە کە لەبەر زاتی ﷲ بۆ پەیڕەوی کردنی راستیو گەیاندنی پەیامی ﷲ بەدووددوو بە تاك تاك راپەڕن، پاشان ئەی بت پەرەستان بیربکەنەوە لەو پەیامەو لەو پێغەمبەرە. کە ئەو ڕەفیقەتان هیچ جۆرە شێتیەکی پێوە نیەو بە چاکیش ئەمە دەزانن جا ئەو قسە پڕو پوچانەتان لەچیی؟ ئەو تەنها ترسێنەرێکە بۆ ئێوە پێش ئەوەی بگەن بە سزای سەختی قیامەت.

﴿٤٧﴾ بڵێ: من لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامە بە ئێوە داوای هەر چیتان لێ بکەم تەنها بۆ سوودو خۆش بەختی خۆتانە، هیچ پاداشتێکم لە ئێوە ناوێت پاداشتی من هەر لەلای ﷲیەو ئەو خۆی بەسەر هەموو شتێکدا ئاگادارەو دەزانێت کە من ڕاست دەکەمو ئێوە چۆنم لەگەڵدا دەکەنو پاداشتیشم چەندە؟

﴿٤٨﴾ بڵێ: بێگومان پەروەردگار بە حەقو ڕاستی بەتاڵ تەفروتونا دەکات هەر ئەویشە کە زۆر چاك زانەری تەواوی شاراوەکانە.

﴿٤٩﴾ بڵێ: ئەوە پەیامی حەقو ڕاستی هات کە ئیسلامەو تازە بێ باوەڕی دەست پێ ناکاتەوەو جارێکی تریش ناگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەرچی کوفر زۆرەو پەرەی سەندوە بەڵام تازە ئەو هێزو توانایەی پێش ئیسلامی نیە چونکە لە هەمو جێگایەك بەشێکی زۆر لە خەڵك موسڵمانەو کەمو زۆر پارێزگاری لەو ئایینە دەکەنو دوژمن تازە ناتوانێت گەمارۆی ئیسلام بدات بەناوی ئیسلامەوە، ئەوەتا ئەمڕۆ چەندین ناوی جۆراو جۆر دادەنێن بۆ موسڵمانان تا بەوە دوو نیشانە بپێکن:

یەکەم: لەرواڵەتا بڵێن ئێمە دژی ئایینی ئیسلام نین بەڵام تەنها دژی ئەوانەین کە لە ئیسلامیش لایان داوە؟!

دووەم: دەیانەوێت دوو بەرەکی لەنێوان موسڵماناندا دروست بکەن کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دەسەڵاتو هێزی ئیسلام کە کوفر هەرچەندزۆرو خاوەن هێزبێت ناتوانێت راستەوخۆ دژی ئایینی پاکی ئیسلام راوەستێت.

﴿٥٠﴾ بڵێ: ئەگەر من لە ڕاستی لامداوە ئەوە تەنها تاوانی بۆ خۆمەو ئەگەر ڕێگای ڕاستیشم گرتوە ئەوەش بەهۆی ئەوەیە کە پەروەردگارم وەحی کردوەتە لامو کردومی بە پێغەمبەری خۆی بەڕاستی ئەو بیسەری هەموو قسەکانمانەو نزیکە لێمانەوە.

﴿٥١﴾ ئای چاوت پێیان بکەوتایە ئەو کاتەی کە بەبینینی ئەو سزا گەورانە ترسان، جا ئیتر هیچ ڕێگەی دەرچونیان

نیە، هەر کە دەرچون لەگۆڕەکانیانەوە گیران‌و ڕزگاریان نابێت.

(٥٢) جا لەو حاڵەدا وتیان: باوەڕمان بەو هێناوە جا چۆن دەبێت بەدەست هینانی ئیمان لە شوێنێکدا کە زۆر دورن لەو شوێنەی کە دەبوایە باوەر بهێنن؟ واتە: ئەو دنیایەی کە ئیستا زۆر دوورن لێی شوێنی باوەڕهێنان بوو نەك ئێرە.

(٥٣) جا چۆن دەبن بەباوەڕدار لەکاتێکدا ئەوان پێش ئیستا لەدنیادا بە قورئان‌و بەڵێنەکان بێ‌باوەڕبون، وە دوور لە هەمو ڕاستیەك دەمیان لەشتانێك دەکوتا کەهیچ عیلم‌و زانستێکان لەو بارەوە پێ‌نەبو.

(٥٤) تازە لە نێوان ئەوان‌و ئەو شتەی کە ئارەزۆی دەکەن‌و پێیان خۆشە ـ وەك: تەوبە لێوەرگرتنیان و باوەڕ هێنان لە دواڕۆژداوو چونە ناو بەهەشتەوە ـ بەربەست دانرا هەروەك ئەوەی کە کرا بە هاوشێوەکانیان لە پێش ئەواندا. بەڕاستی ئەوەی کە ئەمرۆ دەڵێن باوەرمان پێی هێناوە لە دنیادا زۆر بە گومان بوون تێیداو گاڵتەیان پێ دەکرد، جا وا ئەمرۆ تۆڵەی بەرهەمی کردارە چەوتەکانی خۆیان وەردەگرنەوە.

سورەتی فاتیر (٣٥) (٤٥)

سورەتی فاتیر کە سی‌و پێنجەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، چل‌و پێنج ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی چل‌و سێهەمەو پاش سورەتی (الفرقان)و پێش (مريم) دابەزیوەو سورەتی (ٱلْمَلَائِكَة) یشی پێدەوترێت.

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) تەوای سوپاس بۆ اللّٰه، زاتی اللّٰه لە سەرەتای پێنج سورەتدا بەم وشە سوپاسی زاتی خۆی کردوەو ئەمەش تەنها شایانی ئەو زاتەیە و هەر وەکو زاتی بێ وێنەیە لەسیفاتیشدا بێ وێنەیە، هەر ئەو دەتوانێت وەسف‌و سەنای خۆی بکات، چونکە بۆ جگە لە زاتی ئەو هەر کەس سوپاسی خۆی بکات ناشرینە، بەڵام بۆ اللّٰه زۆر بەجێیە چونکە هەمو چاکەیەك‌و لە هەر کەسێکەوە بێت بە

وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴿٤﴾
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا
يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ
عَدُوًّا ۚ إِنَّمَا يَدْعُوا۟ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُوا۟ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴿٦﴾ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم
مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿٧﴾ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنًا ۖ
فَإِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ۖ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ
عَلَيْهِمْ حَسَرَٰتٍ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٨﴾ وَٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ
ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَٰهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ
مَوْتِهَا ۚ كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ ﴿٩﴾ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا ۚ
إِلَيْهِ يَصْعَدُ ٱلْكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلْعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرْفَعُهُۥ ۚ وَٱلَّذِينَ
يَمْكُرُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ۖ وَمَكْرُ أُو۟لَٰٓئِكَ هُوَ يَبُورُ
﴿١٠﴾ وَٱللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَٰجًا ۚ
وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ۚ وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ
وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِۦٓ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿١١﴾

خواستی اللّٰه یەو ئەگەر ئەو نیعمەتی خۆی بەو کەسە نەدایەو یارمەتی‌و ڕێنمایی نەکردایە ئەو چاکانەی نەدەکرد، کەواتە هەموو چاکەیەك سەرچاوەکەی اللّٰه یە، لەبەر ئەوە هەر خۆی شایانی سوپاسە چ خەڵك بیکات یان نەیکات، ئەمە بۆ چوار جێگا کەی تر بزانە کە لە سەرەتای سورەتی (فاتیحەو ئەنعام‌و کەهف‌و سەبەئە)وەیە.

ئەو اللّٰه یەی کە بەدیهێنەری ئاسمانان‌و زەوییە بە بێ ئەوەی کەلە پێشدا وێنەی بوبێت. فریشتەکانی کردووە بە نێردراو بۆ لای پێغەمبەران کە ئەو فریشتانە خاوەنی دوو باڵ‌و سێ باڵ‌و چوار باڵن، وە زیاد ئەکات لەو باڵانەیش هەر چەندێکی ئارەزۆی لێ بێت، جا بەڕاستی اللّٰه دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو شتێکدا.

(٢) اللّٰه هەر کاتێك دەرگای خێر لە خەڵك بکاتەوە هیچ کەس ناتوانێت ڕیگای لێ بگرێت خۆ ئەویش گرتیەوە لە پاش خۆی کەس ناتوانێت ئەو خێرە ڕەوانە بکات‌و هەر ئەوە بە دەسەڵات‌و کاربەجێ. لە فەرمودەدا هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:{اللَّهُمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعطَيتَ وَلاَ مُعطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلاَ يَنفَعُ ذَا الْجدِّ مِنكَ الجَدّ/متفق عليه/ ئەی

پەروەردگار هیچ ڕێگرێك نیە بۆ ئەوەی کە تۆ بیدەیت و هیچ کەسێکیش ناتوانێت بیدات ئەو شتەی کە تۆ بەرگری بکەیت، وەهیچ خاوەن دەسەڵاتێك لەجیاتی تۆدا دەسەڵاتەکەی سوودی پێ نادات}

(٣) ئەی خەڵکینە بیر لەو خەیرو بەرەکەتە زۆرەی الله بکەنەوە کە ڕژاندویەتی بەسەرتاندا، ئایا لە ئاسمانانو زەویدا جگە لە الله دروستکەرێکی تر هەیە کە ڕۆزیتان پێ بدات؟ هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە جگە لەو، دەی بۆ ئاوا لا دەدەن لە ڕێگای ڕاست؟!

(٤) خۆ ئەگەر تۆ بە درۆ دەخەنەوەو باوەڕت پێ ناکەن، جا تۆ خەم مەخۆو دڵتەنگ مەبە چونکە بەڕاستی پێغەمبەرانی پێش تۆیش بە درۆ خرانەوەو سەر ئەنجامی ڕاستانو ناڕاستانیشت بۆ باسکراوە، جاتۆ تەنها ڕاگەیاندنت لەسەرەو هیچی ترو سەرئەنجامی هەموو کارەکانیش هەر تەنها بۆ لای الله دەگەڕێنرێنەوە.

(٥) ئەی خەڵکینە بەڕاستی بەڵێنی الله بۆ هاتنی ڕۆژی دواییو حیسابو دۆزەخو بەهەشت ڕاستە، جا با ئەم ژیانەی دنیا سەر گەرمتان نەکاتو شەیتانیش بە بەخشندەی الله فریوتان نەدات.هەر لەسەر تاوانو ستەم بڕۆنو بڵێن خوا بەرەحمە راستە خوا بەرەحمە بەڵام تۆڵەیشی سەختە.

(٦) بەڕاستی شەیتان دوژمنتانە سا ئێوەیش ئەو بە دوژمنی خۆتان بزانن، ئەو پێڕو تاقمی خۆی بانگ دەکات تا ببن بە یارانی ئاگری کڵپەداروبیانخاتە دۆزەخەوە.

(٧) ئەو کەسانەی کە خوا نەناسنو بەگوێی شەیتانیان کردوە سزایەکی توندیان بۆ هەیەو ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە بۆ ئەوانە لێبوردنی خواو پاداشتی گەورە هەیە. بەڵێ ئەوەی کە باسکرا سەر ئەنجامی پەیڕەوانی شەیتانو پەیڕەوانی الله بوو، جا بزانە کام لەو دوو سەرئەنجامە بۆ خۆت هەڵدەبژێریت؟

(٨) ئایا ئەو کەسەی کە کردارە خراپەکەی بۆ جوانکراوەو خۆیشی بە جوانی دەزانێت وەکو ئەو کەسە وایە کە وا نەبێت؟ بێگومان زاتی الله هەر کەس حەز بکات گومڕای دەکاتو هەر کەسێکیش حەز بکات شارەزای دەکات، بەڵام الله ئەم کارە بە زۆر ناکات بە کەس بەڵکو خەڵکی خۆی سەرپشکە لە هەڵبژاردنی ڕێگا، چونکە هێنانە دنیامان هەر بۆتاقی کردنەوەیە، بەڵام بۆیە ئەمە دەفەرموێت تا دڵنەوایی پێغەمبەر ﷺ بکاتو تێی بگەیەنێت کە تۆ تەنها ڕاگەیاندنت لەسەرە، جا نەکەیت کە خۆت لەناو ببەیت بە خەفەتو داخ لەسەر ئەوەی کە ئەوان خراپەیان بۆ جوان کراوەو پەیڕەوی لە ڕاستی ناکەن؟ بێگومان الله دەزانێت بەوەی کە ئەوان دەیکەن.

(٩) الله ئەو زاتەیە کە با ڕەوانە دەکات، جا ئەویش هەور دەخاتە جموجوڵ ئەوسا دەینێرین بۆ ئەو وڵاتەی کە مردوە لە بێ ئاویدا ئەوسا بەو ئاوە ئەو زەویە پاش مردنی بە کانیاو و گژوگیا زیندوی دەکەینەوە، زیندوکرنەوەی ئێوەیش پاش مردن هەر بەم شێوەیە. جا چۆن ئەوە بە چاوی خۆتان دەیبیننو گومانتان تێیدا نیە دەبێت هەر بەم شێوەیەش گومانتان لە زیندو کردنەوەی خۆتاندا نەبێت.

(١٠) هەر کەسێك دەسەڵاتو هێزی دەوێت با بزانێت کە تەواوی دەسەڵات هی اللهیە، قسەی باش هەر بۆ لای ئەو سەر دەکەوێتو کرداری چاك بەرزی دەکاتەوەو پەسەند کراوی لایالله دەبێت، جا ئەو کەسانەی کە فروفێڵە خراپەکان دەکەن سزای توندیان بۆ هەیەو فروفێڵی ئەوان هەر بۆ خۆی لەناودەچێ.

(١١) خۆ الله ئەو زاتەیە کە سەرەتا ڕاستەوخۆ لە خاك دروستی کردوون کە ئادەمە عليه السلام لە ڕاستیدا هەموو مرۆڤێك ناڕاستەوخۆ لەخاك دروست دەبێت، پاشان دروستی کردوون لە دڵۆپەیەك ئاو پاشان کردنی بە نێرو مێو هیچ مێینەیەك باردار نابێتو ئەو بارەیش دانانێت مەگەر بە زانیاری ئەو زاتە بێتو هیچ تەمەندارێك تەمەنی پێ نادرێتو هیچیش لەو تەمەنە کەم ناکرێتەوە مەگەر بەو شێوەی کە لە (لوح المحفوظ)دایە، بەڕاستی ئەمە لەلای الله ئاسانە.چونکە هەر خۆیەتی بەدیهێنەری ئەم بونەوەرە.

(١٢) ئەو دوو دەریا کەهەن وەکو یەك نین ئەمیان شرینەو سازگارەو چاك لە گەرو دەچێتە خوارەوەو ئەوی تریان سوێرەو لە سوێریدا تاڵەو لە هەردووکیان گۆشتی تەرچك و ناسك دەخۆن‌و شتی بەنرخی لێ دەردهێنن وەکو دوڕو یاقوت‌و سەدەف‌و خۆتانی پێ جوان دەکەن، خۆ تۆ دەبینی کەشتی بەناویدا دێن‌و دەڕۆن بۆ ئەوەی لە نازو نیعمەتی ئەو بەهرەمەند ببن، جا بەڵکو ئێوەش سوپاسی ئەو زاتە بکە ن.

(١٣) ﷲ شەو دەخاتە ناو ڕۆژەوەو ڕۆژیش دەخاتە ناو شەوەوە (بە کەم‌و زیادکردنیان لە کەشەکانی ساڵدا هەر جارەی یەکێکیان زیاد دەکات بەگوێرەی پێویستی خەڵك)و ڕۆژو مانگی رام کردوە کە هەمویان دێن‌و دەچن بۆ کاتێکی دیاریکراو واتە: هاتوچۆیان بۆ تەواو کردنی ئەو ماوەیە تا بگەین بەو کاتەی کە ناوبراوە کە هاتنی قیامەت‌و حیسابە، جا ئەوەی ئەو کارە دەکات ﷲیە کە پەروەردگارتانەو تەواوی موڵك هەر موڵکی ئەو زاتەیەو ئەو کەسانەی کە ئێوە دەیان پەرستن بێجگە لە ﷲ خاوەنی کفنە سپیەکەی پۆشاکی تۆوی خورمایەکیش نین.

(١٤) ئەگەر بانگیان بکەن‌و بیان پەرستن ئەوان هیچ داواو بەندایەتی‌و بانگێکی ئێوە نابیسن، وە ئەگەر بیشی بیسن هیچ وەڵامکێکتان نادەنەوەو لە ڕۆژی قیامەتیشدا نکولی دەکەن لەوەی کە ئێوە ئەوانتان کرد بێت بە هاوبەشی ﷲو بەندایەتیتان بۆ کردبن، جا بزانە وەك ئەو زاتە زۆر ئاگادارە کە ﷲیە هیچ کەسێکی تر ئاوا هەواڵێکی ئەم دوو ژیانەت پێ نادات‌و ئاوا سەرئەنجامی هەمو کارێك نازانێت،جا کەواتە گوێ لە ئێمە بگرەو راستیەکان تەنها لەئێمە وەرگرە.

(١٥) ئەی خەڵکینە هەر ئێوەن نیازمەندن بە ﷲو ﷲ هەر خۆیەتی بێ نیازو سوپاسکراو. جا چی ئێوە سوپاسی بکەن یان نە.

(١٦) ئەگەر ئەو زاتە حەز بکات ئێوە لا دەبات‌و دروستکراوێکی تازە دەهێنێت.

وَمَا يَسْتَوِي ٱلْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَآئِغٌ شَرَابُهُۥ وَهَٰذَا
مِلْحٌ أُجَاجٌ ۖ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ
حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا ۖ وَتَرَى ٱلْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ
وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢﴾ يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ
ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِى
لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ ۚ وَٱلَّذِينَ
تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ﴿١٣﴾ إِن
تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا۟ مَا ٱسْتَجَابُوا۟ لَكُمْ ۖ
وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ ۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ
﴿١٤﴾ ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلْغَنِىُّ
ٱلْحَمِيدُ ﴿١٥﴾ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٦﴾
وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ بِعَزِيزٍ ﴿١٧﴾ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۚ وَإِن
تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَىٰ حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَىْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰٓ ۗ
إِنَّمَا تُنذِرُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ۚ
وَمَن تَزَكَّىٰ فَإِنَّمَا يَتَزَكَّىٰ لِنَفْسِهِۦ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٨﴾

(١٧) خۆ ئەمە لەلای ﷲ شتێکی گران نیە بەڵکو ئەمە لەلای ئەو ئاسانە.

(١٨) هیچ کەس باری تاوانی کەسێکی تر هەڵناگرێت‌و هەر کەس تاوانی خۆی لە گەردنی خۆیدایە جا ئەگەر کەسێکیش کە باری تاوانی زۆر گرانە لەسەری بانگ بکاتە کەسێکی تر کە بۆی هەلگرێت هیچ لەو تاوانەی لێ هەڵناگرێت ئەگەرچی بانگ کراوەکەش خزمی نزیکی خۆی بێت (وەکو باوك‌و منداڵی خۆی) بەڵکو هەمو کەس لە ترسی ئەویتر هەڵدێت نەوەکو لەوێ داوای شتی لێ بکات، تۆ هەر ئەوەندەت لەسەر پێویستە کە ئەو کەسانەی لە پەنامەکیدا لە پەروەردگاری خۆیان دەترسن‌و نوێژ دەکەن بترسێنیت‌و هەر کەسێك خۆی پاك بکاتەوە ئەوە تەنها سوودی خۆپاك کردنەوەکەی بۆ خۆیەتی، وە سەرەنجامی هەموان هەر بۆ لای ﷲ یە، جا لەوێدا هەر کەس بەشێوەی کاری خۆی پاداشت‌و سزا وەردەگرێت. لەفەرمودەدا هاتوە کە باوك‌و کوڕێك هاتنە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ زۆر لەیەك دەچون، جا پێغەمبەر ﷺ بەکابرای فەرمو: {ابْنُكَ هَذَا قَالَ إِي وَرَبِّ الْكَعْبَةِ قَالَ حَقًّا قَالَ أَشْهَدُ بِهِ قَالَ فَتَبَسَّمَ رَسُولُ اللَّهِ

وَمَا يَسْتَوِي ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ﴿١٩﴾ وَلَا ٱلظُّلُمَٰتُ وَلَا ٱلنُّورُ
﴿٢٠﴾ وَلَا ٱلظِّلُّ وَلَا ٱلْحَرُورُ ﴿٢١﴾ وَمَا يَسْتَوِي ٱلْأَحْيَآءُ وَلَا ٱلْأَمْوَٰتُۚ
إِنَّ ٱللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَآءُۖ وَمَآ أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي ٱلْقُبُورِ ﴿٢٢﴾ إِنْ
أَنتَ إِلَّا نَذِيرٌ ﴿٢٣﴾ إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًاۚ وَإِن مِّنْ
أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴿٢٤﴾ وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ
مِن قَبْلِهِمْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَبِٱلزُّبُرِ وَبِٱلْكِتَٰبِ
ٱلْمُنِيرِ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ أَخَذْتُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۖ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٢٦﴾
أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٍ مُّخْتَلِفًا
أَلْوَٰنُهَاۚ وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا
وَغَرَابِيبُ سُودٌ ﴿٢٧﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلْأَنْعَٰمِ
مُخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَۗ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْۗ
إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴿٢٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ
وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً
يَرْجُونَ تِجَٰرَةً لَّن تَبُورَ ﴿٢٩﴾ لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ
وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ غَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٠﴾

ﷺ ضَاحِكًا مِنْ ثَبْتِ شَبَهِي فِي أَبِي وَمِنْ حَلِفِ أَبِي عَلَيَّ ثُمَّ قَالَ أَمَا إِنَّهُ لَا يَجْنِي عَلَيْكَ وَلَا تَجْنِي عَلَيْهِ وَقَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى /ابوداود.صححه الالباني/ ئەمە کوڕتە؟ وتی: ئەرێ بە پەروەردگاری کەعبە. فەرموی: بەراستی؟ وتی: شایەتی دەدەم کەکوڕمە، جاکوڕەکە کە فەرمودەکەی هێناوە دەڵێ:جا پێغەمبەری خوا ﷺ پێکەنی لەبونی شێوەی من لەباوکمداو لەوسوێندەی باوکم لەسەرمن پاشان فەرموی: ئاگادار بە، بێگومان هەر تاوانێ کە ئەو بیکات لەسەر تۆ نیەو تاوانێکیش کە تۆ بیکەیت لەسەر ئەونیە، وە پێغەمبەری خوا ﷺ ﴿هیچ کەس باری تاوانی کەسێکی تر هەڵناگرێ ﴾ی خوێندەوە}

(١٩) خۆ کوێرو چاوساغ وەکو یەك نین. واتە: کافرو موسڵمان.

(٢٠) خۆ تاریکیەکانو ڕووناکیش وەکو یەك نین. واتە: کوفرو ئیمان.

(٢١) خۆسێبەرو گەرمایش وەکو یەك نین. واتە: بەهەشتو دۆزەخ.

(٢٢) زیندوەکانو مردوەکان وەك یەك نین. واتە :باوەڕدارو خوا نەناس، بێگومان ﷲدەبیسێنێت و ڕێنمونی دەکات ئەو کەسەی حەز بکات بۆ باوەڕ هێنانو بەندایەتی ﷲ بەڵام تۆ ناتوانیت ببیسێنیو ڕێنمونی بکەیت ئەو کەسەی کە لەناو گۆڕدایە.واتە خوا نەناس وەك مردوی ناوگۆڕە چەند دوورە کەتۆ قسە بەمردوی ناوگۆڕ ببیسێنی کەشتێکی محاڵە ئەوەندە دوورە کە هیدایەتی بدەیت چونکە هیدایەت بەدەست تۆ نیە.

(٢٣) تۆ هەر ترسێنەریت بە سەرئەنجامی کوفرو خوانەناسی.

(٢٤) بەڕاستی ئێمە تۆمان بە پەیامێکی ڕاستەوە ناردوە کە موژدەدەر بیت بە بەهەشت بەو کەسانەی کە باوەڕ دەهێننو ترسێنەر بیت بەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن، ئەوسا هیچ گەلێکیش نەبوە کە ترسێنەریان بۆ نەهات بێت.

(٢٥) جا ئەگەر ئەوان باوەڕ بە تۆ نەکەنو بەدرۆزنت بزانن (تۆ دڵتەنگ مەبەو خەم مەخۆ چونکە) بەراستی ئەو کەسانەی پێش ئەوانیش کە پێغەمبەریان بە بەڵگەی ئاشکراو سیپارەو پەڕاوی ڕووناك کەرەوە هاتە لایان باوەڕیان نەهێنا.

(٢٦) پاشان ئەوانەی کە خوانەناس بون تۆڵەمان لێ سەندن، جا بزانە تۆڵەی من بۆیان چۆن بو؟ واتە با ئەم گەلەی تۆیش بترسن ئەگەر باوەڕت پێ نەکەن کە ﷲ وەبەر غەزەبیان بخاتو تۆڵەیان لێ وەربگرێت.

(٢٧) ئایا تۆ نەتبینیوە کە ﷲ لە ئاسمانەوە ئاوی ناردوەتە خوارەوە، ئەوسا بەو ئاوە بەروبوومێکی زۆر کە ڕەنگیان لە یەك جیابوو سەوزو سورو زەردمان وەبەر هێنا، وە لە چیاکانیش ڕێگایانێکی جۆراوجۆر لە ڕەنگدا سپیو سوور کە ڕەنگیان لە یەك جیابوو سووری تۆخو سووری کاڵو سپیو سپی تۆزاویو زەردو زەردی کاڵو رەشو ڕەشی زۆر تۆخیش.

(٢٨) جا لەناو خەڵكو لە گیانەوەرانو مەڕو ماڵاتدا جیاوازیان هەیە لەجۆرو شێوەو ڕەنگیاندا هەروەکو چۆن لە بەروبوومو چیاکاندا ڕەنگی جۆراو جۆریان بوو. ئەوسا

وَٱلَّذِىٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ هُوَ ٱلۡحَقُّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ
يَدَيۡهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِعِبَادِهِۦ لَخَبِيرُۢ بَصِيرٞ ٣١ ثُمَّ أَوۡرَثۡنَا ٱلۡكِتَٰبَ
ٱلَّذِينَ ٱصۡطَفَيۡنَا مِنۡ عِبَادِنَاۖ فَمِنۡهُمۡ ظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ وَمِنۡهُم
مُّقۡتَصِدٞ وَمِنۡهُمۡ سَابِقُۢ بِٱلۡخَيۡرَٰتِ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ
ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡكَبِيرُ ٣٢ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا يُحَلَّوۡنَ
فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ ٣٣
وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَذۡهَبَ عَنَّا ٱلۡحَزَنَۖ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٞ
شَكُورٌ ٣٤ ٱلَّذِيٓ أَحَلَّنَا دَارَ ٱلۡمُقَامَةِ مِن فَضۡلِهِۦ لَا يَمَسُّنَا
فِيهَا نَصَبٞ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٞ ٣٥ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَهُمۡ
نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقۡضَىٰ عَلَيۡهِمۡ فَيَمُوتُواْ وَلَا يُخَفَّفُ عَنۡهُم مِّنۡ
عَذَابِهَاۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي كُلَّ كَفُورٖ ٣٦ وَهُمۡ يَصۡطَرِخُونَ
فِيهَا رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا نَعۡمَلۡ صَٰلِحًا غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ
أَوَلَمۡ نُعَمِّرۡكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُۖ
فَذُوقُواْ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ٣٧ إِنَّ ٱللَّهَ عَٰلِمُ
غَيۡبِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ٣٨

لەناو بەندەکاندا هەر زانایانن کە لەﷲ دەترسن چونکە هەرئەوانن کە ﷲ بە جوانی دەناسن، بەڕاستی ﷲ دەسەڵاتدارو چاوپۆشیکەرە لە تاوانی بەندەکانی.

وتراوە کە زانا سێ جۆرە: جۆرێکیان هەم ﷲ دەناسێتو هەم فرمانەکانی. وە جۆرێکی تریان زانیاری هەیە لەسەر فرمانەکانی بەڵام ﷲ ناناسێت. وەجۆرێکیان زانیاری هەیە لەبارەی ﷲوە بەڵام فرمانەکانی نازانێت، جا ئەو کەسەی کە ﷲ دەناسێتو فرمانەکانیشی دەزانێت ئەوە ئەو زانایانەن کە لە خوا دەترسن بەڵام ئەو کەسەی کە فرمانەکانی دەناسێتو زاتی ﷲ ناناسێت ئەوە ئەو کەسەیە کە سنورەکانو پێویستیەکان دەزانێت بەڵام لە خوا ناترسێت، جا ئەوانە زۆر پرمەترسین بۆ فریودانی خەڵكو لاڕێ کردنیان، ئەوەش کە زاتی ﷲ دەناسێتو فرمانەکانی ناناسێت ئەوە ئەو کەسەیە کە لە خوا دەترسێت بەڵام سنورو پێویستیەکانی نازانێت، جا ئەمانەش لەبەندایەتی کردندا دوچاری گەلێك بیدعەو خەرافیات دەبن.

هەر لە بارەی پلەی زاناو زانستەوە پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: {مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَطْلُبُ فِيهِ عِلْمًا سَلَكَ اللَّهُ بِهِ طَرِيقًا مِنْ طُرُقِ الْجَنَّةِ وَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ لَتَضَعُ أَجْنِحَتَهَا رِضًا لِطَالِبِ الْعِلْمِ وَإِنَّ الْعَالِمَ لَيَسْتَغْفِرُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ وَالْحِيتَانُ فِي جَوْفِ الْمَاءِ وَإِنَّ فَضْلَ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ كَفَضْلِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ عَلَى سَائِرِ الْكَوَاكِبِ وَإِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الْأَنْبِيَاءِ وَإِنَّ الْأَنْبِيَاءَ لَمْ يُوَرِّثُوا دِينَارًا وَلَا دِرْهَمًا وَرَّثُوا الْعِلْمَ فَمَنْ أَخَذَهُ أَخَذَ بِحَظٍّ وَافِرٍ /ابوداود وصححة الالباني/هەرکەسێك ڕێگایەك بگرێت کەبیەوێ لەم ڕێگاوە زانستی دەست بکەوێت خوا دەیخاتە سەر ڕێگایەك لە ڕێگای بەهەشت، بێگومان کەفریشتەکان باڵیان ڕادەخەن بۆ زانستخوازان بەنیشانەی ڕازی بونیان لەزاناو زانستخوازان، جا بێگومان کە زانستخوازان ئەوەی کە لەئاسمانانو زەویدایە تەنانەت ماسیەکان لەناودەریادا داوای لێ خۆشبونی بۆ دەکەن، خۆبێگومان کە ڕێزی زانا بەسەر خواناسدا وەك ڕێزی مانگی چواردەیە بەسەر هەمو ئەستێرەکاندا، جابێگومان کەزانایان کەلەپور بەری پێغەمبەرانن‌و بێگومانیش کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێ) هیچ دیناری درهەمێکیان لێ بەجێ نەماوە، ئەوان زانیاریان لێ بەجێماوە - کەپەیامەکەی خوایە - جا هەر کەسێك ئەوەی دەستکەوتبێت بەشێکی فرەوانی دەستکەوتوە}.

٢٩ بێگومان ئەو کەسانەی کە پەڕاوی ﷲ دەخوێننەوەو بەردەوامن لەسەر نوێژەکانیانو لەوەی کە پێمان داون بە پەنهانیو بە ئاشکرا دەیبەخشن، ئەوانە بە هیوای بازرگانیەکن کە ڕەزامەندی خواو بەهەشتی پڕ نازو نیعمەتیەتی کە هەرگیز لەناو ناچێت.

٣٠ تاﷲ پاداشتیان بداتەوەو لە چاکەی خۆیشی بۆشیان زیاد بکات، بەڕاستی ئەو لێبوردەیە لە تاوانی بەندەکانیو بە چاکەی بەندەکانی دەزانێتو پاداشتیان دەداتەوە.

٣١ جا ئەوەی کە نیگامان کردوەتە لای تۆ لەو پەڕاوە کە قورئانە هەر ئەوە ڕاستەو دان دەنێت بەو پەڕاوانەی کە لە پێش خۆیدا هاتون، بێگومان کە ﷲ زۆر ئاگادارە بە هەڵس‌وکەوتی بەندەکانی، بینەرو چاودێری کاری کۆششەکانیانە.

٣٢ لە پاشان بەو کەسانەی کە هەڵمان بژاردوون لە بەندەکانمان ئەو پەڕاوەمان پێ دان، جا لەناو ئەواندا

هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِي ٱلْأَرْضِ ۚ فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُۥ ۖ وَلَا
يَزِيدُ ٱلْكَٰفِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِلَّا مَقْتًا ۖ وَلَا يَزِيدُ ٱلْكَٰفِرِينَ
كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا ﴿٣٩﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ شُرَكَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن
دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ
أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ كِتَٰبًا فَهُمْ عَلَىٰ بَيِّنَتٍ مِّنْهُ ۚ بَلْ إِن يَعِدُ ٱلظَّٰلِمُونَ
بَعْضُهُم بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا ﴿٤٠﴾ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ يُمْسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضَ أَن تَزُولَا ۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِهِۦٓ ۚ
إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤١﴾ وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ لَئِن
جَآءَهُمْ نَذِيرٌ لَّيَكُونُنَّ أَهْدَىٰ مِنْ إِحْدَى ٱلْأُمَمِ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُمْ نَذِيرٌ
مَّا زَادَهُمْ إِلَّا نُفُورًا ﴿٤٢﴾ ٱسْتِكْبَارًا فِي ٱلْأَرْضِ وَمَكْرَ ٱلسَّيِّئِ ۚ
وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ ۚ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ
ٱلْأَوَّلِينَ ۚ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحْوِيلًا
﴿٤٣﴾ أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن
قَبْلِهِمْ وَكَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً ۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعْجِزَهُۥ مِن شَيْءٍ
فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا ﴿٤٤﴾

کەسانێك هەبون کە ستەمیان لە خۆیان کردو کەسانێکی تر لەوان مامناوەند بوون و کەسانێکی تریان هەبوە کە بەهۆی چاکەکانیانەوە بە یارمەتی ﷲ لەهاوەڵانیان پێشدەکەوتن، ئا ئەوەیە ڕێزو چاکەی گەورە کە خوا داویەتی بەو بەندەیە کە پێشبڕکێ دەکات لە چاکە کردندا. لەفەرمودەدا هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی ئەم ئایەتەوەفەرمویەتی:{ هَؤُلَاءِ كُلُّهُمْ بِمَنْزِلَةٍ وَاحِدَةٍ وَكُلُّهُمْ فِي الْجَنَّةِ /الترمذي.صححه الالباني/ ئەمانە هەموویان لەیەك ئاستدان لەوەی کە ئوممەتی پێغەمبەرن ﷺ و هەموویان دەچنە بەهەشتەوە} بەڵام جێگایان لە بەهەشتدا بەگوێرەی کردارەکانی خۆیانە.

﴿٣٣﴾ کە ئەو ڕێزە گەورەش بریتیە لەوەی کەدەچنە ناو باخچەکانی دانیشتنەوە کە لە ناویدا بە دەست بەندانێك کە لە ئاڵتونەو بە مرواریش دەنەخشێنرێن ، وە پۆشاکیشیان لەناویدا هەورێشمە.

﴿٣٤﴾ ئەوسا دەڵێن: سوپاس بۆ ئەو زاتەی کە تەواوی نارەحەتیەکانی لەسەر ئێمە لابرد، بێگومان کە پەروەردگارمان زۆر لێبوردەیەو بە چاکەی بەندەکانی دەزانێت و پاداشتیان دەداتەوە.

﴿٣٥﴾ ئەو کەسەی کە لە ماڵی دانیشتن و هەمیشەییدا لە چاکەی خۆی جێگای کردینەوە نە هیچ ڕەنج و نارەحەتی تێیدا هەست دەکەین و نە دوچاری هیچ ماندوبوونێك دەبین تێیدا. جا بەم شێوەیە پەروەردگار پاداشتی خواناسان و پارێزکاران دەداتەوە، ئینجا باسی پاشەڕۆژی خوا نەناسانیش دەکاو دەفەرموێ:

﴿٣٦﴾ ئەوسا ئاگری دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەیە کە خوا نەناسن کە هیچ بڕیارێك لەو شوێنەدا نادرێت بەسەریاندا تا بمرن و هیچیش لەو سزایە سوك ناکرێت کە لە سەریانە بەهەمان شێوە ئێمە سزای هەموو خوانەناسان دەدەین.

﴿٣٧﴾ جا ئەوان لەناو ئەو ئاگرەدا هاوار دەکەن و دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان لەم ئاگرە دەرمان بهێنە، ئیتر ئیشی چاك دەکەین نە ئەو ئیشەی کە لە پێشدا کردوومانە، واتە: لەو کاتەدا پەشیمان دەبنەوە لە کارە خراپەکانی دنیاو داوای گەڕانەوە لە خوا دەکەن بەڵام بێ سوودەو پێیان دەفەرموێ: ئایا ئەوەندە تەمەنم پێ نەدان کە بیری تێدا بکەنەوەو چاکەو خراپە بزانن؟ خۆ ترسێنەریشتان بۆ ڕەوانە کرا، سا سزای خۆتان بچەژن چونکە بۆ ستەمکاران هیچ یارمەتیدەرێك نیە. پێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی:{أعذَرَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ إلَى امْرِيءٍ أخَّرَ عُمرَهُ حَتَّى بَلَغَ ستِينَ سَنَةً/ النسائي، صححه الالباني/ ﷲ ی دەسڵات بدارو گەورە بەهانەی نەهێشتوە بۆ کەسێك کە ماوەی پێ بدات تا تەمەنی دەگاتە شەست ساڵ}.

﴿٣٨﴾ بەڕاستی ﷲ زانەری شاراوەکانی ئاسمانان و زەویە، بەڕاستی ئەو زانەرە بەوەی کە لەناو دڵەکاندا هەیە لە نیەتی چاك و خراپ و هیچ لەو ون نابێت، چونکە زاناو وردبینەو هەر خۆی خەتەراتی دڵ دروست دەکات، جا چۆن دە بێ پێی نەزانێ.

﴿٣٩﴾ ﷲ ئەو زاتەیە کە کردونی بە جێ نشینی یەکتر لەم زەویەدا، ئەوسا هەر کەس خوا نەناس بێت ئەوە زیانی خوا نەناسیەکەی هەربۆ خۆیەتی و کوفری کافران زیاتر هەر

رقی پەروەردگاریان زیاد دەکاتو کافران بەو کوفرەیان هەر زیاتر رەنجەڕۆ دەبن.

(٤٠) بڵێ: پێم بڵێن ئەوانەی کە جگە لە ﷲ بەندایەتیتان بۆ دەکەن پیشانم بدەن ئایا چییان لەم زەویەدا دروستکردوە؟ نەك هەر ئەوە، دەی پێم بڵێن: ئایا ئەوان هاوبەشێکیان هەیە لەناو ئاسمانەکانداو شتێکی بۆ بەدیهێنابن؟ نەك هەر ئەوەش، ئەی ئایا ئێمە پەڕاوێکمان پێداون لەبارەی ئەو خوانەناسیەوە کە ئەوان لەسەر چاو ڕۆشنی بن؟ نەخێر ستەمکاران هەندێکیان بە هەندێکیان جگە لە فریودانو هەڵخەڵەتاندن هیچ بەڵێنێکی تریان نەداوە بە پەیڕەوانیان. بەڵام پەیڕەوانیان نەزانو گێلو گەمژەن تا بە دادگای ﷲ نەگەن بە ئاگا نایەن، جا ئەو کاتە پەنجەی پەشیمانی دەگەزن بەڵام بێ سوودە.

(٤١) بەڕاستی ﷲ یە کە ئاسمانانو زەوی ڕاگرتوە ئەگەر بکەون جگە لەو هیچ کەسی تر ناتوانێت ڕاگیریان بکات بەڕاستی ئەو بە حەوسەڵەیە لە دواخستنی سزا، زۆرخەتا پۆشیشە بۆبەندەکانی.

(٤٢) خوانەناسان بە توندی سوێندیان بە ﷲ دەخوارد کە . دەیان وت . ئەگەر بێتو ترسێنەرێکمان بۆ بهاتبایە ئەو کاتە ئێمە لەو دوو گەلە (جولەکەو گاور) چاکتر ڕێگای ڕاستمان دەگرت، جا کاتێك کە پێغەمبەریان بۆ هات بەوە زیاتر لە ئایینو لە ڕاستی دوورکەوتنەوە.

(٤٣) هەر لەبەر لوت بەرزیو خۆبەزلگرتنیان لە ناو زەویداو فرۆفێڵی خراپ، خۆ زیانی فرۆفێڵی خراپیش هەر بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە، وتراوە "چاڵ هەڵکەن لە بێخ چاڵدایە" ئایا بێجگە لە چارەنووسی پێشوەکان چاوەڕوانی شتێکی تر هەن؟ ئەوسا تۆ نابینی هیچ گۆڕانێك بۆ باوی ﷲ، خۆ باوی ﷲ جێگۆڕکەش ناکاتو ﷲ هەرچی ویست بۆ هەر گەلێك پێی دەکاتو هیچ کەسیش ناتوانێت بەرپەرچی بداتەوە.

(٤٤) ئایا ئەوان لەم سەر زەویەدا نەگەڕاون تا ببینن‌و بزانن ئەوانەی پێش ئەوان کە لەوانیش بەهێزتر بوون

وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُوا۟ مَا تَرَكَ عَلَىٰ
ظَهْرِهَا مِن دَآبَّةٍ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى
فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِۦ بَصِيرًۢا (٤٥)

(٣٦) سُورَةُ يسٓ (٨٣)

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يسٓ (١) وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْحَكِيمِ (٢) إِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ (٣) عَلَىٰ
صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ (٤) تَنزِيلَ ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ (٥) لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّآ
أُنذِرَ ءَابَآؤُهُمْ فَهُمْ غَٰفِلُونَ (٦) لَقَدْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ عَلَىٰٓ أَكْثَرِهِمْ
فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ (٧) إِنَّا جَعَلْنَا فِىٓ أَعْنَٰقِهِمْ أَغْلَٰلًا فَهِىَ إِلَى
ٱلْأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ (٨) وَجَعَلْنَا مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا
وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَٰهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ (٩) وَسَوَآءٌ
عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ (١٠) إِنَّمَا تُنذِرُ
مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلذِّكْرَ وَخَشِىَ ٱلرَّحْمَٰنَ بِٱلْغَيْبِ فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ
وَأَجْرٍ كَرِيمٍ (١١) إِنَّا نَحْنُ نُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ وَنَكْتُبُ
مَا قَدَّمُوا۟ وَءَاثَٰرَهُمْ وَكُلَّ شَىْءٍ أَحْصَيْنَٰهُ فِىٓ إِمَامٍ مُّبِينٍ (١٢)

چیان بەسەر هاتوە؟ ئەوسا هیچ شتێکیش نە لەناو ئاسمانانو لەناو زەویدا نیە کە بتوانێ زۆرلە دەستی ﷲ بسێنێت ، بێگومان ئەو زانایە بە هەموو ئاشکراو پەنهانیەکانی ناو ئاسمانانو زەویو دڵو دەروونی مرۆڤەکانو بە توانایە بۆ تۆڵە سەندنو پاداشت دانەوەیان. بەڵێ ئەو زانایەو سەرئەنجامیان دەزانێو بە پەلە نیە لەتۆڵە سەندنەوەدا بەڵام نەزانو نەفامەکان لەم ماوەدانە ی ﷲ بە خراپی سوود وەردەگرن، ئینجادەفەرموێ:

(٤٥) جا ئەگەر ﷲ هەر کەسێك بەو کارە خراپەی کە دەیکات بەپەلە تۆڵەی لێ وەرگرتایە هیچ جموجۆڵکەرێکی لەسەر ئەم زەوییەدا نەدەهێشت، بەڵام ئەو زاتە ماوەیان پێ دەداتو دوایان دەخات بۆ کاتی دیاریکراو، ئەوسا هەر کاتێك کاتی نەمانیان هات لەناویان دەبات، بەڕاستی ﷲ بینەری کاروباری بەندەکانیەتی، پاشان چاکان بە چاکەی خۆی بە چاکی پاداشت دەداتەوەو خراپانیش تۆڵەی ڕەفتارەکانیان بە دادپەروەرانە لێ وەردەگرێتەوە. واتە ستەم لەکەس ناکاتو کەسیشی لەبیر ناچێت.

وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلًا أَصۡحَٰبَ ٱلۡقَرۡيَةِ إِذۡ جَآءَهَا ٱلۡمُرۡسَلُونَ ﴿١٣﴾
إِذۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهِمُ ٱثۡنَيۡنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزۡنَا بِثَالِثٖ فَقَالُوٓاْ إِنَّآ
إِلَيۡكُم مُّرۡسَلُونَ ﴿١٤﴾ قَالُواْ مَآ أَنتُمۡ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا وَمَآ أَنزَلَ
ٱلرَّحۡمَٰنُ مِن شَيۡءٍ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَكۡذِبُونَ ﴿١٥﴾ قَالُواْ رَبُّنَا يَعۡلَمُ إِنَّآ
إِلَيۡكُمۡ لَمُرۡسَلُونَ ﴿١٦﴾ وَمَا عَلَيۡنَآ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿١٧﴾
قَالُوٓاْ إِنَّا تَطَيَّرۡنَا بِكُمۡۖ لَئِن لَّمۡ تَنتَهُواْ لَنَرۡجُمَنَّكُمۡ وَلَيَمَسَّنَّكُم
مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١٨﴾ قَالُواْ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡ أَئِن ذُكِّرۡتُمۚ
بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ مُّسۡرِفُونَ ﴿١٩﴾ وَجَآءَ مِنۡ أَقۡصَا ٱلۡمَدِينَةِ رَجُلٞ
يَسۡعَىٰ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱتَّبِعُواْ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٢٠﴾ ٱتَّبِعُواْ مَن
لَّا يَسۡـَٔلُكُمۡ أَجۡرٗا وَهُم مُّهۡتَدُونَ ﴿٢١﴾ وَمَا لِيَ لَآ أَعۡبُدُ ٱلَّذِي
فَطَرَنِي وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٢٢﴾ ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن
يُرِدۡنِ ٱلرَّحۡمَٰنُ بِضُرّٖ لَّا تُغۡنِ عَنِّي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَا
يُنقِذُونِ ﴿٢٣﴾ إِنِّيٓ إِذٗا لَّفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴿٢٤﴾ إِنِّيٓ ءَامَنتُ
بِرَبِّكُمۡ فَٱسۡمَعُونِ ﴿٢٥﴾ قِيلَ ٱدۡخُلِ ٱلۡجَنَّةَۖ قَالَ يَٰلَيۡتَ قَوۡمِي
يَعۡلَمُونَ ﴿٢٦﴾ بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلۡمُكۡرَمِينَ ﴿٢٧﴾

٣٦ سورەتی یاسین ٨٣

سورەتی یاسین کە سورەتی سیو شەشەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوەو هەشتاو سێ ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی چلو یەکەمەو پاش سورەتی (الجن)و پێش (الفرقان) دابەزیوە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

﴿١﴾ یاسین. لەو پیتانەن کە لە سەرەتای هەندێك لە سورەتەکانەوە هاتوەو هەر ﷲ خۆی دەزانێت مەبەست چیە

﴿٢﴾ سوێند بەم قورئانە کە هەموی دانابیە.

﴿٣﴾ بەبێگومان تۆ یەکێکی لە پێغەمبەرانی خودا.

﴿٤﴾ کە لەسەر ڕێگای ڕاستیت کەئایینی ئیسلامە.

﴿٥﴾ کەدا بەزیوە لەلایەن خاوەن دەسەڵاتی زۆر بە سۆزەوە.

﴿٦﴾ بۆ ئەوەی تۆ گەلێك بترسێنی لە سزای (ﷲ) کە باو باپیرانیان نەترسێنراونو پێغەمبەریان بۆ نەهاتوەو بێ ئاگان لە ئایینو لە ڕاستی.

﴿٧﴾ بەڕاستی بەڵێنی سزای (ﷲ) زۆرینەیانی گرتوەتەوە، سا ئیتر ئەوان باوەڕ ناهێنن.

﴿٨﴾ بێگومان کە ئێمە زنجیرێکمان لە ملیان کردەوە کە ئەو زنجیرە تا چەناکەیان شەتەکی داونوناتوانن سەریان دانەوێننوچاوشۆڕن.واتە ئەو کافرانە ئەوەندە دژی ئایینن وەك ئەوەی کە تەتەر پێچ کرابن لە سەر کوفرو نەتوانن لێی دەربچن.

﴿٩﴾ جا لە بەردەمیانەوەو لە پشتیانەوە بەربەرچێکی گەورەمان داناوە کە توانای دەرچونیان نەبێت ئەوسا ڕەشاویشمان هێناوە بەسەرچاویانداو حەق نابینن.

﴿١٠﴾ جا لەلای ئەوان یەکسانە چ بیانترسێنیتو چ نەیانترسێنیت ئەوان هەرباوەڕ ناهێننو گوێ لە حەق ناگرن.

﴿١١﴾ ترساندنت تەنها بۆ کەسێکە کە پەیڕەوی لەم قورئانە بکاتو لە پەنامەکیدا لە ڕەحمان بترسێت، جا بەو کەسە موژدەی لێبوردنو پاداشتی چاکیش بدە. لەڕاستیدا ترساندن بۆ هەموو مرۆڤە بەڵام هەر خواناسان سوودی لێ وەرئەگرن بۆیە ئاوا دەفەرموێ.

﴿١٢﴾ بێگومان ئێمە تەواوی مردووان زیندوو دەکەینەوە بۆلێپرسینەوە و ئەوەی کە لە پێشەوە کردویانە لە دنیاداو ئەوەی کە پاش خۆیان پەیڕەوی لێوەدەکرێت لە چاكو خراپ بۆیان دەنوسینو هەمو شتێکمان لە پەڕاوی ڕۆشنکەرەوەدا کە (لوح المحفوظ)ە بە ژماردن دیاری کردوەو هیچ شتێك ون نابێت. لە فەرمودەی سەحیحدا هاتوە کە تیرەی بەنی سەلیمە دووری مزگەوت بونو ویستیان بێن لە نزیکی مزگەوتەوە ماڵ دروست بکەنو ئەو بڕیارەیان گەیشتە پێغەمبەر ﷺ جاپێی فەرمون:{یَا بَنِی سَلِمَة دِیَارَکُم تُکتَبْ آثَارَکُمْ، دِیَارَکُمْ تُکتَب آثَارَکُمْ/ ئەی بەنی سەلیمە لە ماڵەکانی خۆتاندا بمێننەوە ئەو هاتوچۆتانە بۆ دەنوسرێت، لە ماڵەکانی خۆتاندا بمێننەوە ئەو هاتوچۆتانە بۆ دەنوسرێت}
جا وشەی (آثار) چ ئەوە بێت کە لەپاش خۆیان خەڵکی لەسەر بڕوات وەکو مانامان کرد یان ئەو هاتوچۆیە بۆ

بەندایەتی بێ یان بۆتاوان هیچ جیاوازی نیەو هەردووك دەنوسرێت بۆ مرۆڤ.

(١٣) ئەی محمد ﷺ باس بکە بە نمونە بۆ گەلەکەت خەڵکی ئەو ئاواییەی(ئەنتاکیە) کە کاتێك کە نێرداوەکان هاتنە لایان.

(١٤) سەرەتا باسکە ئەو کاتەی کە دوو نێردراومان نارده لایانو ئەوانیش بە درۆیان خستنەوە ئەوسا ئەوانمان بە یەکێکی تر بەهێز کرد کە بوون بە سێ کەس بۆ ئەوەی یارمەتی ئەو دووانەیان بدات، جا وتیان: بێگومان ئێمە بۆ لای ئێوە ڕەوانە کراوین کە بەندایەتی ﷲ بکەنو هاوبەشی بۆ دانەنێن.

(١٥) وتیان: ئێوەش هەر مرۆڤێکن وەکو ئێمەو ڕەحمان هیچ شتێکی نەناردوەو ئێوە هەر درۆ دەکەن.

(١٦) وتیان: پەروەردگارمان دەزانێت کە بێگومان ئێمە بۆ لای ئێوە ڕەوانە کراوین.

(١٧) خۆ ئێمە هەر گەیاندنی ڕوونمان لەسەرەو ئێوە خۆتان بەرپرسن لە ڕەفتارو قسەی خۆتان.

(١٨) وتیان: ئێمە نەگبەتیو ڕۆژ ڕەشی خۆمان لە ئێوەی دەزانین ئەگەر واز لەم ڕاگەیاندنە نەهێنن بەڕاستی سەنگسارتان دەکەینو لە ئێمەوە سزایەکی دەردناکتان پێ دەگات.

(١٩) نێردراوەکان وتیان: نەگبەتیتان بەهۆی خراپی خۆتانەوەیە ئایا ئەگەر ئێوە ئامۆژگاری بکرێن هەروا دەبن؟ بەڵکو ئێوە گەلێکن لە سنور تێپەڕیون.

(٢٠) جا لەلای سەروی شارەکەوە پیاوێك بە پەلە هاتو وتی: ئەی گەلی من بە قسەی ئەو نێرراوانە باوەڕ بکەنو پەیڕەوییان بکەن.

(٢١) دوای کەسێك بکەون کە داوای هیچ مووچەو پاداشێکتان لێ ناکاتو ئەوان ڕێنمایی کراونو ئێوەش ڕێنمایی دەکەن بۆ ڕێگای ڕاستو دروست، ئینجا ئەو پیاوە بۆ ئەوەی زیاتر قسەکەی لەواندا کار بکات ڕوی قسەی دەکاتە خۆیو دەڵێ:

۞ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنۢ بَعۡدِهِۦ مِن جُندٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا
كُنَّا مُنزِلِينَ (٢٨) إِن كَانَتۡ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَإِذَا هُمۡ خَٰمِدُونَ
(٢٩) يَٰحَسۡرَةً عَلَى ٱلۡعِبَادِۚ مَا يَأۡتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُواْ بِهِۦ
يَسۡتَهۡزِءُونَ (٣٠) أَلَمۡ يَرَوۡاْ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا قَبۡلَهُم مِّنَ ٱلۡقُرُونِ
أَنَّهُمۡ إِلَيۡهِمۡ لَا يَرۡجِعُونَ (٣١) وَإِن كُلّٞ لَّمَّا جَمِيعٞ لَّدَيۡنَا مُحۡضَرُونَ
(٣٢) وَءَايَةٞ لَّهُمُ ٱلۡأَرۡضُ ٱلۡمَيۡتَةُ أَحۡيَيۡنَٰهَا وَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهَا حَبّٗا
فَمِنۡهُ يَأۡكُلُونَ (٣٣) وَجَعَلۡنَا فِيهَا جَنَّٰتٖ مِّن نَّخِيلٖ
وَأَعۡنَٰبٖ وَفَجَّرۡنَا فِيهَا مِنَ ٱلۡعُيُونِ (٣٤) لِيَأۡكُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦ
وَمَا عَمِلَتۡهُ أَيۡدِيهِمۡۚ أَفَلَا يَشۡكُرُونَ (٣٥) سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي
خَلَقَ ٱلۡأَزۡوَٰجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلۡأَرۡضُ وَمِنۡ أَنفُسِهِمۡ
وَمِمَّا لَا يَعۡلَمُونَ (٣٦) وَءَايَةٞ لَّهُمُ ٱلَّيۡلُ نَسۡلَخُ مِنۡهُ ٱلنَّهَارَ
فَإِذَا هُم مُّظۡلِمُونَ (٣٧) وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ
ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ (٣٨) وَٱلۡقَمَرَ قَدَّرۡنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ
عَادَ كَٱلۡعُرۡجُونِ ٱلۡقَدِيمِ (٣٩) لَا ٱلشَّمۡسُ يَنۢبَغِي لَهَآ أَن تُدۡرِكَ
ٱلۡقَمَرَ وَلَا ٱلَّيۡلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِۚ وَكُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ (٤٠)

(٢٢) دەی ئەوە چیە کە من بەندایەتی ئەو زاتە ناکەم کە دروستی کردووم‌و گەڕانەوەی ئێوەش هەر بۆ لای ئەوە؟

(٢٣) ئایا جگە لەو من خودایانێکی تر بکەم بە خودای خۆم کە ئەگەر ڕەحمان ئارەزۆی زیانێك بکات بۆم ئەو کاتە تکای ئەوان بۆ من بەکەڵکی هیچ نایەتو لە سزای (ﷲ) ڕزگارم ناکات.

(٢٤) جا بێگومان من ئەو کاتە بە ئاشکرا سەر لێ شێواوم.

(٢٥) بێگومان من باوەڕم هێناوە بە پەروەردگارتان، سا گوێتان لێ بێت، بەڵێ ئەو پیاوە پاش ئەو بانگەوازەی کافرانی خزمی هێرشیان بۆ کردو شەهیدیان کرد،جا (ﷲ) خستیە ناو بەهەشتی خۆیەوەو بە زمانی ئەویش بە گەلەکەیو بە ئێمەی ڕاگەیاند کە،

(٢٦) پێی وترا: بچۆرە بەهەشتەوە، ئەویش وتی: ئای خۆزگە خزمانم بەم دەستکەوتە بەنرخەی منیان بزانیایە.

(٢٧) بەوەی کە پەروەردگارم بەخشیومیو لەنێو بەڕێزەکاندا دایناوم. دەڵێن: ئەو پیاوە ناوی حەبیبی نەجار بوە. ئینجا پەروەردگار دەفەرموێ:

(٢٨) جا ئێمه پاش ئەوه هیچ یەك لە سەربازەكانمان لە ئاسمانەوە نەنارده سەریان كە تۆڵەیان لێ وەرگرنەوەو ئەوەیشمان لەگەڵ هیچ كەسێكی تردا نەكردوە كە فریشتە بنێرین بۆ تۆڵە سەندنەوە، تەنها بۆ تۆیە ئەی محمد ﷺ كە فریشتە دەنێرین بۆ یارمەتیدانت. ئەی ئەوان چییان لێ كرا؟

(٢٩) بۆ ئەوان تەنها یەك نركەو هاوار بوە ئیتر ئەو كاتە هەموویان چەنو مل كەوتونو لەناو براون.

(٣٠) وای بۆ ئەو بەندانە چیان كرد بە خۆیان هیچ پێغەمبەرێكیان بۆ نەهاتوە مەگەر ئەوان گاڵتەیان پێ كرد بێت.

(٣١) ئایا ئەم خەڵكەی كە باوەڕ بە تۆ ناكەن ئەی محمد ﷺ نەیانبینوە كە ئێمە چەندین پێڕو تاقممان پێش ئەوان لەناو برد كە ئەوان تازە ناگەڕێنەوە بۆ لایانو بۆ ناو ماڵو خزمو كەسوكاریان.

(٣٢) بێگومان هەموویشیان هەر لەلای خۆمان ئامادە دەكەین بۆ لێ پرسینەوەو پاداشت و سزا.

(٣٣) جا بەڵگەیەكی گرنگ هەیە بۆ ئەوان لەسەر دەسەڵاتی (اللّٰه) بۆ زیندووكردنەوەیان ئەویش ئەم زەویە مردوە وشكو بێ گژوگیایە كەزیندومان كردەوە بە ئاوو دانەوێڵەی وەك گەنمو جۆو برنجو شتانی تریشمان لەو زەویە دەرهێناوە كە خۆیانو مەڕو ماڵاتیان لەو دەخۆنو سوودی لێ وەردەگرن.

(٣٤) خۆ لەناو ئەم زەویدا باغاتمان بۆ ڕواندون لە خورماو لە ترێ و چاوگە گەلێكی ئاویشمان بۆ هەڵقوڵاندون بۆ خواردنەوەی خۆیانو مەڕوماڵەتیانو ئاودانی كشتوكاڵو شینایيەكانیان.

(٣٥) تا بەروبوومی میوە باسكراوەكان بخۆن، وە لە بەروبوومی ئەوەش كە بەدەستی خۆیان ڕواندویانە ئایا ئەوان سوپاسی بەدیهێنەری ئەم فەڕو خەیرە ناكەن؟ واتە با سپڵە نەبنو ئەو هەمو چاكانەیان لەبیر نەچێتەوە.

(٣٦) پاكو بێگەردی بۆ ئەو زاتەی كە بە جووت (نێرو مێ) هەمو شتێكی دروست كردوە لەوانەی كە زەوی سەوزی دەكاو لە خودی خۆیانو لەوانەیش كە نایزانن، تەنانەت لە ئاسنو بەردیشدا نێرو مێی داناوە.

(٣٧) جا بەڵگەیەكی تر لەسەر دەسەڵاتو هێزی (اللّٰه) لەسەر زیندووكرنەوەو حیسابو بەهەشتو دۆزەخ ئەو شەوەیە كە هەمیشە لەبەر چاویاندایە كە ڕۆژی لێ دادەڕنین، ئەوسا ئەوان لەناو تاریكیدان، كێ ئەم گۆڕانكارییەدەكات؟ جا بۆ بیری لێ ناكەنەوە؟

(٣٨) جا بەڵگەیەكی تر لەسەر دەسەڵاتی پەروەردگار لەسەر زیندوو كردنەوە ئەو خۆرەیە كە دەڕوات بۆ جێگای ئارامگرتنی، ئەو هاتوچۆیەش ئەندازە گیراوو دیاریكردنێكە لەلایەن زاتێكی دەسەڵاتداری زاناوە كە(اللّٰه)یە.

(٣٩) وە یەكێكی تر لە بەڵگەی دەسەڵاتی پەروەردگار لەسەر زیندو كردنەوە ئەم مانگەیە كە چەند قۆناغێكمان بۆ داناوە (كە بیستو هەشت قۆناغە لە بیستو هەشت شەوداو دوو شەو لەبەرچاوی ئێمە گوم دەبێت ئەگەر مانگ سی تەواو بێتو یەك شەو ون دەبێت، ئەگەر مانگ بیستو نۆ ڕۆژ بێت) هەتا لە ئاخر قۆناغدا ئەم مانگەی ئاسمان وەكو لقی هێشوی كۆنی خورما، زەرد ڕەنگو چەماوەو لاواز دەبێت.

(٤٠) جا نە خۆر بۆی هەیە لە شەودا لەگەل مانگدا كۆ ببێتەوەو نە بۆ شەویش هەیە پێشی ڕۆژ بكەوێتو پێش ئەوەی كە كاتی خۆی تەواو ببێت بدات بەسەر ڕۆژداو هەموویان لەناو بۆشایی نێوان ئاسمانو زەویدا بەو شێوەی كە بۆیان دیاریكراوە مەلەوانی دەكەن.واتە وەك مەلەوانی ئاودەریا بێپسانەوە دێنودەچن.

(٤١) جا بەڵگەیەكی گەورەو گرنگتر لەسەر دەسەڵاتو هێزی (اللّٰه) ئەوەیە كە بەڕاستی ئێمە لە سەردەمی نوح عليه السلامدا باو باپیرانی ئەوانمان لەناو كەشتیەكی پڕدا هەڵگرت، چونكە پاش نوح عليه السلام هەمو خەڵك لە نەوەی ئەون كەوا بو رزگار بوونی ئەوان منەتێكی گەورەی (اللّٰه)

وَءَايَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِي ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿٤١﴾ وَخَلَقْنَا
لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ مَا يَرْكَبُونَ ﴿٤٢﴾ وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلَا صَرِيخَ لَهُمْ
وَلَا هُمْ يُنقَذُونَ ﴿٤٣﴾ إِلَّا رَحْمَةً مِّنَّا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٍ ﴿٤٤﴾ وَإِذَا
قِيلَ لَهُمُ ٱتَّقُوا۟ مَا بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَمَا خَلْفَكُمْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٤٥﴾
وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ
﴿٤٦﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ أَنفِقُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنُطْعِمُ مَن لَّوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ أَطْعَمَهُۥٓ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِي
ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٤٧﴾ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ
﴿٤٨﴾ مَا يَنظُرُونَ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ
﴿٤٩﴾ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلَآ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ ﴿٥٠﴾
وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلْأَجْدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ
﴿٥١﴾ قَالُوا۟ يَٰوَيْلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا ۜ هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحْمَٰنُ
وَصَدَقَ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿٥٢﴾ إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً
وَٰحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ ﴿٥٣﴾ فَٱلْيَوْمَ لَا تُظْلَمُ
نَفْسٌ شَيْـًٔا وَلَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٥٤﴾

یە بەسەر هەمو خەڵکەوە، چونکە ئەگەر ئەوان رزگار نەبونایە هەر ئەو کاتە مرۆڤ کۆتایی پێدەهات، وشەی ﴿ ذُرِّيَّةً ﴾هەم بە مانای نەوەکان و هەم بە مانای باوکانیش بەکاردێت.

﴿٤٢﴾ خۆ وێنەی ئەو کەشتیەشمان بۆ ئەوان دروستکرد ئەوەی کە سواری دەبن وەك تەیارەوسەیارە کەبەم لاو ئەولادا دەڕۆن‌و کەیف‌و سەیرانی خۆیانی لێ دەکەن‌و بژێوی خۆیانی پێ دابین دەکەن.

﴿٤٣﴾ جا ئەگەر ئێمە حەز بکەین لەناو دەریادا نغرۆیان دەکەین، ئەوسا هیچ کەس بەدەمیانەوە نایەت‌و ئەوان ڕزگار ناکرێن.واتە با بە هەمیشەیی ترسی خوا لەدڵیاندا بێ‌ولێی بێ ئاگا نەبن.

﴿٤٤﴾ بەڵام ئێمە بە بەزەیی خۆمان دەیانپارێزین‌و شادی‌و خۆشیان پێ دەدەین هەتا کاتی دیاریکراوی لای (ﷲ) ئەو کاتە ئیتر دەبێت بمرن‌و بچن بۆ دنیایەکی تر بۆ بگرەو بەردەو پاداشت‌و سزا.

﴿٤٥﴾ جا هەر کاتێك پێیان بوترێت بترسن لەو ڕوداوانەی کە ڕویداوە بۆ گەلانی پێش ئێوەو ئەوەی کە لە دوارۆژدا یەخەتان دەگرێت بەڵکو رەحمتان پێ بکرێت، بەڵام ئەوان گوێیان بەوە نەدا.

﴿٤٦﴾ خۆ هیچ بەڵگەیەك لە بەڵگەکانی پەروەردگاریان نەهاتوەتە لا مەگەر ئەوان پشتیان تێکردبێ‌و گوێیان بە هیچ نیشانەیەك نەدابێ. کە ئەمەش رەوشتی هەمیشەیی کافرو بێباوەڕانە.

﴿٤٧﴾ جا هەر کاتێکیش بەوان بوترێت: لەوەی کە (ﷲ) پێیداون ببەخشن بە فەقیران، خوانەناسان بە باوەڕداران دەڵێن: ئایا ئێمە خواردن بدەین بە کەسێك کە ئەگەر (ﷲ) خۆی حەزبکات خواردنی پێ دەدات. جا دەیان ویست کە بەو شێوەیە دەستگرتنەوەی خۆیان لەچاکە بە شتێکی ئایینی‌و پەسەند لەقەڵەم بدەن چونکە دەیان ویست بڵێن: کەسێك کە خوا خواردنی لێ بگرێتەوەو کەم دەستی بکات چۆن دەبێت ئێمە خواردنی پێ بدەین‌و دژایەتی (ﷲ) بکەین؟! هەروەك دەیان وت: ئەوەی کە خۆمان سەری بڕین حەڵاڵە ئەی ئەوەی خوا سەری ببڕێت (مرداربوو) چۆن دەبێت حەڵاڵ نەبێت؟ ئیتر ئەو هەمو ئایەتەی (ﷲ)و فەرمودەی پێغەمبەرەکەیان ﷺ دەخستە پشتگوێ، لێرەش (ﷲ) بەرپەرچیان دەداتەوەو دەفەرموێ: بەڕاستی ئێوە هەر لە گومڕاییەکی ناقۆڵای ئاشکرادان.

﴿٤٨﴾ جا دەڵێن: ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن ئەو بەڵێنە کەی دێت کە ئێمە بمرین‌و زیندو بکرێینەوە؟ جاخوا دەفەرموێ:

﴿٤٩﴾ ئەوانە چاوەڕێ ناکەن مەگەر پەیدابونی یەك دەنگ کە کاتێك خەریکی بگرەو بەردەی ناو خۆیانن دەیانگرێت‌و لەم جیهانەوە دەیان بات بۆ جیهانێکی تر،

﴿٥٠﴾ ئەوسا ئەوان توانای وەسیەتکردنیان نابێت‌و ئیتر بۆ لای خاوخێزانی خۆیشیان ناگەڕێنەوە.

﴿٥١﴾ خۆ هەر فوو بە کەڵەشاخدا کرا ئەوسا ئەوان کتوپڕ بە ڕووت‌و قووتی‌و بەپێخاوسی لەناو گۆڕەکانیاندا دێنە دەرەوەو بەرەو گۆڕەپانیی مەحشەرو دادگای پەروەردگاری خۆیان بەترس‌ولەرزەوە دەکەونە ڕێ. جا ئەوەی کە باوەڕیان پێی نەبوە بەچاوی خۆیان دەیبینن.

إِنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ ٱلْيَوْمَ فِى شُغُلٍ فَٰكِهُونَ ﴿٥٥﴾ هُمْ وَأَزْوَٰجُهُمْ
فِى ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ ﴿٥٦﴾ لَهُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ وَلَهُم
مَّا يَدَّعُونَ ﴿٥٧﴾ سَلَٰمٌ قَوْلًا مِّن رَّبٍّ رَّحِيمٍ ﴿٥٨﴾ وَٱمْتَٰزُوا۟ ٱلْيَوْمَ
أَيُّهَا ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٥٩﴾ ۞ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ أَن لَّا
تَعْبُدُوا۟ ٱلشَّيْطَٰنَ ۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٠﴾ وَأَنِ ٱعْبُدُونِى ۚ
هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾ وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا ۖ
أَفَلَمْ تَكُونُوا۟ تَعْقِلُونَ ﴿٦٢﴾ هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ
﴿٦٣﴾ ٱصْلَوْهَا ٱلْيَوْمَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٦٤﴾ ٱلْيَوْمَ نَخْتِمُ
عَلَىٰٓ أَفْوَٰهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَآ أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟
يَكْسِبُونَ ﴿٦٥﴾ وَلَوْ نَشَآءُ لَطَمَسْنَا عَلَىٰٓ أَعْيُنِهِمْ فَٱسْتَبَقُوا۟
ٱلصِّرَٰطَ فَأَنَّىٰ يُبْصِرُونَ ﴿٦٦﴾ وَلَوْ نَشَآءُ لَمَسَخْنَٰهُمْ
عَلَىٰ مَكَانَتِهِمْ فَمَا ٱسْتَطَٰعُوا۟ مُضِيًّا وَلَا يَرْجِعُونَ
﴿٦٧﴾ وَمَن نُّعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِى ٱلْخَلْقِ ۖ أَفَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٦٨﴾
وَمَا عَلَّمْنَٰهُ ٱلشِّعْرَ وَمَا يَنۢبَغِى لَهُۥٓ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْءَانٌ مُّبِينٌ
﴿٦٩﴾ لِّيُنذِرَ مَن كَانَ حَيًّا وَيَحِقَّ ٱلْقَوْلُ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧٠﴾

(٥٢) جا ئەڵێن: هاوار بۆ ئێمە کێ لەم جێگای خەومانەدا خەبەری کردینەوە؟! ئەمە ئەوەبوو کە رەحمان بەڵێنی هاتنی دابوو پێغەمبەرانیش (سەلامی خوایان لەسەر بێت) ڕاستیان کرد. بەڵێ: نەزانانو هەڵخەڵەتێنراوان لەوێدا دان بە هەمو ڕاستیەکاندا دەنێن بەڵام هیچ سوودێکیان پێ نادات.

(٥٣) ئەو رووداوو کارەساتانەش تەنها یەك دەنگە جا ئیتر کتوپڕ هەمویان لەلای ئێمە ئامادە دەکرێن بۆ لێپرسینەوە.

(٥٤) ئەوسا لەو ڕۆژەدا هیچ کەسێك ستەمی لێ ناکرێتو پاداشتیش نادرێنەوە مەگەر بەگوێرەی ئەو شتەی کە کردویانە.

(٥٥) بێگومان ئەوانەی کە بەهەشتین لەم ڕۆژەدا سەرگەرمی خۆشگوزەرانینو ڕادەبوێرن.

(٥٦) خۆیانو هاوسەرەکانیشیان لەناو سێبەرەکاندان لە سەر تەختەکانو شانیان داناوە.

(٥٧) بۆ ئەوان هەیە لەو بەهەشتەدا میوەی چاك، وە بۆیان هەیە هەرچیش داوابکەن.

(٥٨) لە پەروەردگاری بەسۆزەوە بە قسە سەلامیان لێ دەکرێت. ئەوەیە سەرەنجامی باوەڕداران. بەڵام بە تاوانباران دەوترێت:

(٥٩) ئەمرۆ ئەی تاوانباران جیاببنەوە، پاداشتی ئێوە نەفرینو سزای دۆزەخو ڕقو قینی (الله)یە.

(٦٠) ئەی نەوەی ئادەم ئەی من لە پێشەوە پەیمانم لەگەڵ نەبەستن کە شەیتان نەپەرستن کە بەڕاستی ئەو دوژمنێکی ڕوونە بۆ ئێوەو سوێندی خواردوە کە هەموتان جگە لە بەندە چاکەکان لە ڕێ بترازێنێتو بتان خاتەدۆزەخەوە، دەی بۆ ئاواخۆتان دایە دەستی؟

(٦١) خۆ پێیشم وتن: کە بەندایەتی ڕاستو دروست بۆ من بکەن کەئەمەیە ڕێگای ڕاست؟

(٦٢) بەراستی ئەو خەڵکانێکی زۆری لە ئێوە گومڕاو سەرلێشێواو کرد ئایا ئێوە هەر عەقڵ ناگرنو ژیر نابن کە دۆستو دوژمنی خۆتان بناسنو چاكو خراپ لەیەك جیابکەنەوە، جا لەو ڕۆژەدا پێیان دەوترێت:

(٦٣) ئەمە ئەو دۆزەخەیە کە بەڵێنتان پێ دەدرا.

(٦٤) جا بەهۆی ئەوەی کە ئێوە باوەڕتان پێ نەدەکرد ئەمرۆ بچنە ناویەوە، ئینجا خوانەناسان دەکەونە بەهانە هێنانەوەو درۆکردنو دەیانەوێت خۆیان دەرباز بکەن لە دۆزەخ، بەڵام ئەوە لەوێدا بە دەردیان ناخوات چونکە (الله) بەتوندی تێیان دەخوڕێتو دەفەرموێ:

(٦٥) ئەمرۆ دەمیان لە گۆ دەخەینو مۆری پێدادەنێینو دەستەکانیان و پێیەکانیان قسەمان لەگەڵدا دەکەنو شایەتی دەدەن لەسەر تاوانو خراپەکارییەکانیان بەهۆی ئەو کارە خراپانەی کە کردویانن، بەڵێ هەمو پارچەکانی لەشی مرۆڤ لەو کاتەدا دێتە قسەو هەرچی لەگەل کراوەو چی پێ ئەنجامدراوە دەیڵێت: تەنانەت ئەژنۆی چەپی پێش، هەموو شت دێتە قسە. جا پاش ئەوەی کە سەفەرێکی ئەو دنیای پێکردین دیسان(الله) دێتەوە سەر باسی ئەم ژیانەو مرۆڤ لە دەسەڵاتو هێزی خۆی

دەترسێنێت، بەڵكو بیر بكاتەوەو دوچاری ئەو ڕۆژە ڕەشە نەبێت و دەفەرموێ:

(٦٦) خۆ ئەگەر حەزمان لێ بێت چاویان كوێر دەكەین، ئەوسا كێبەركێ دەكەن بۆ ڕێگا جا چۆن دەبینن، واتە: ئەو كاتە كوێرن و هیچ شتێك نابینن.

(٦٧) جا ئەگەر حەزیش بكەین هەر لەو پلەو مەقامو شوێنەی خۆیاندا دەیانگۆڕین بەدارو بەردو جانەورانی تر، جا ئەو كاتە توانای ڕۆیشتنیان نیەو نایشگەڕێنەوە نە بۆشێوەی پێشوی خۆیان و نە بۆ ناو خاوخێزانی خۆیان. دەی ئیتر بۆچی دەبێت نافرمانی بكەن و گوێ بە پێغەمبەركەیان ﷺ نەدەن؟!

(٦٨) جا هەر كەسێكی كە تەمەنی درێژ بكەین لە ئەسڵی ساختمانی لەشی كەم دەكەینەوە وەكو توش بوون بە كوێری و كەڕی و كەم عەقڵی و نەخۆشی و لاوازی و دەیان عەیبی تر، دەی ئایا ژیری ناخنە كارەوە بۆئەوەی لەم ڕاستیە تێ بگەن و بزانن كە ئەو زاتەی كە ئەوان والێ دەكات دەتوانێت لەپاش مردنیش زیندویان بكاتەوە؟

(٦٩) وە ئێمە ئەو پێغەمبەرەمان فێری شیعر نەكرد بوو هیچ پێویستیەكیشی بەو نیەو نا بێ شیعریش بڵێ، ئەم قورئانە جگە لە ئامۆژگاری و خوێندنەوەیەكی بەڕێزو ڕوون شتێكی تر نیە.

(٧٠) تا بە سزای پاشەڕۆژ بترسێنێت ئەو كەسانەی كە زیندون كە باوەڕدارانن و تا ئەو بڕیارەی (اللّٰه) یش كە داویەتی بۆ سزادانی بێ باوەڕان بێتەدی. بەراستی ئەوان وەكو مردو وان لەوەی كە لە هیچ تێ ناگەن و بۆ شتێكی زۆر كەمو دواهاتوو ژیانێكی هەمیشەیی لەخۆیان زایە دەكەن.

(٧١) ئایا هەروەها درێژە بە خوانەناسی خۆیان دەدەن و نابینن و نازانن كە هەندێك لەوانەی كە بەدەستی خۆمان كردومانن كە مەڕو بزن و وشترو گایە ئێمە بۆ ئەوانمان دروست كردوە، ئەوسا ئەوان خاوەنیانن و سودیان لێ وەر دەگرن؟

أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا خَلَقۡنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتۡ أَيۡدِينَآ أَنۡعَٰمٗا فَهُمۡ لَهَا
مَٰلِكُونَ ﴿٧١﴾ وَذَلَّلۡنَٰهَا لَهُمۡ فَمِنۡهَا رَكُوبُهُمۡ وَمِنۡهَا يَأۡكُلُونَ ﴿٧٢﴾
وَلَهُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ وَمَشَارِبُۚ أَفَلَا يَشۡكُرُونَ ﴿٧٣﴾ وَٱتَّخَذُواْ
مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةٗ لَّعَلَّهُمۡ يُنصَرُونَ ﴿٧٤﴾ لَا يَسۡتَطِيعُونَ
نَصۡرَهُمۡ وَهُمۡ لَهُمۡ جُندٞ مُّحۡضَرُونَ ﴿٧٥﴾ فَلَا يَحۡزُنكَ قَوۡلُهُمۡۘ
إِنَّا نَعۡلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعۡلِنُونَ ﴿٧٦﴾ أَوَلَمۡ يَرَ ٱلۡإِنسَٰنُ أَنَّا
خَلَقۡنَٰهُ مِن نُّطۡفَةٖ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٞ مُّبِينٞ ﴿٧٧﴾ وَضَرَبَ لَنَا
مَثَلٗا وَنَسِيَ خَلۡقَهُۥۖ قَالَ مَن يُحۡيِ ٱلۡعِظَٰمَ وَهِيَ رَمِيمٞ ﴿٧٨﴾
قُلۡ يُحۡيِيهَا ٱلَّذِيٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٖۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلۡقٍ عَلِيمٌ
﴿٧٩﴾ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلشَّجَرِ ٱلۡأَخۡضَرِ نَارٗا فَإِذَآ أَنتُم
مِّنۡهُ تُوقِدُونَ ﴿٨٠﴾ أَوَلَيۡسَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ
بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يَخۡلُقَ مِثۡلَهُمۚ بَلَىٰ وَهُوَ ٱلۡخَلَّٰقُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٨١﴾
إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٨٢﴾
فَسُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيۡءٖ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٨٣﴾

٣٧ سُورَةُ الصَّافَّاتِ ١٨٢

(٧٢) جا ئەوانمان رامو دەستەمۆ كردوە بۆیان جا هەندێكیان بۆ سواری سودیان لێ وەردەگرن و لە هەندێكیشیان دەخۆن. بەراستی ئەگەر پەروەردگار ئەسپ یان وشتری ڕام نەكردایە مرۆڤ نەیدەتوانی سوودیان لێ وەرگرێت، مرۆڤ ناتوانێت بێ ترس لەگەڵ پلنگێك یان ورچێكدا هەڵسوكەوت بكات كە زۆر بچوكترن لە ئەسپو وشتر چونكە (اللّٰه) ئەوانی ڕام نەكردوە بۆ سوودی مرۆڤ، جا ژیربن و وردببنەوە.

(٧٣) جا لەو مەڕو ماڵاتە سوودێكی زۆر وەردەگرن وخواردنەوە گەلێكی هەمە جۆرە لە شیرو ماستو كەرەو پەنیرو خوری وموو وپێست، تەنانەت لە میزی هەندێكیان بۆ چارەسەری هەندێك نەخۆشی. دەی ئایا ئەوان سوپاسی پەروەردگاری خۆیان ناكەن؟ واتە: پێویستە لەسەریان سوپاسگوزار بن و سپڵە ونەمەك نەناس نەبن.

(٧٤) خۆئەوان جگە لە اللّٰه خودایانێكی تر دەكەن بە خوای خۆیان تا بەڵكو یارمەتی بدرێن!

(٧٥) لەحاڵێکدا ئەوانە ناتوانن یارمەتیان بدەن بەڵکو ئەوان سەربازانێکی گوێ لەمشتو ئامادەکراون بۆ خوا بێ دەسلاتەکانیانو پاسەوانیان دەکەنو لە دوژمن دەیان پارێزن کەچی ئەو خوا گەلە هیچ چاکەیەکیان نیە بۆئەوانوناشتوانن هیچ خراپەیەکیان لەسەر لابەن.﴿ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴾/حەج، ٧٣ / لاوازەبەندایەتی کەرو بەندایەتی بۆکراو﴾

(٧٦) جا باتۆ خەفەتبار نەکات قسەکانیان کە باوەڕت پێناکەنو تانەو تەشەرت لێ دەدەنو باوەڕ بە (اللَّهُ) ناکەن بێگومان ئێمە ئەوەی کە دەیشارنەوەو ئەوەیش کە ئاشکرای دەکەن دەیزانین، جا تۆڵەی خراپەکانیان بە دادپەروەرانە لێ دەسێنین، سا تۆ ئەی محمد ﷺ ئیتر ئارامبەو بەرنامەی خۆت ڕابگەیەنەو خەفەت مەخۆ.

(٧٧) ئایا مرۆڤ هەر وا لوت بەرزەو بیر لە خۆی ناکاتەوەو نازانێت کە ئێمە لە دڵۆپە یەك تۆی نێرو مێ دروستمانکردوە کەچی ئەو وا ئێستا دوژمنێکی ئاشکرای ئێمەیە؟!

(٧٨) جا بۆ ئێمە نمونە دەهێنێتەوەو دروستبونی خۆی لەبیرچوەتەوەو ئێسقانە بتورکایەك هەڵدەگرێتو دەڵێت: کێ ئەم ئێسقانەی کە بتورکاوە زیندوو دەکاتەوە؟ (اللَّهُ) بەرپەرچیان دەداتەوەو دەفەرموێ:

(٧٩) بڵێ: ئەو کەسەی کە سەرەتا لە هیچ دروستیکردوە هەر ئەوە زیندویشی دەکاتەوەو هەر خۆیەتی زانیاری هە یە بەسەر هەمو دروستکراوێکیدا بە کورتیو بە درێژیو لە پاشو لە پێش دروستکردنیدا، بێگومان کەزەوی ناتوانێت هج بەشێك نە گەورەو نە بچوك لە لەشی دروستکراوەکانی (اللَّهُ)بشارێتەوە ڕۆژی دوایی هەموی دەهێنێتەوە بۆ بەردەم دادگای(اللَّهُ)بۆ پرسیارو پاداشتو سزا بەڵکو دروستکردنەوەی دووهەم لە دروستکردنی

یەکەم ئاسانترە، جا بۆ دەبێت مرۆڤ بە چاکی بیر لەمە نەکاتەوەو پەروەردگاری خۆی نەناسێت؟! ئایا چاوی کوێرەو ڕاستی نابینێت یان شەیتان فریوی داوە؟ بەڵێ لای (اللَّهُ) هەموو شت ئاسانە. تێبینی: دەڵێن: عاسی کوڕی وائیل لەناو بەردەلانەکانی مەکەدا ئێسقانێکی ڕزیوی هێناو بە پەنجەکانی وردی کردو، بە پێغەمبەر ﷺ وت: ئایا (اللَّهُ) ئەم ئێسکە پاش ئەوەی کە ئاوا بتورکاو ڕێزاڵ ڕێزاڵ بووە زیندوی دەکاتەوە؟! پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {نَعَم يُمِيتُكَ اللهُ ثُمَّ يُحيِيكَ ثُمَّ يدخِلُكَ جَهَنَّم/ بەڵێ: (اللَّهُ) دەتمرێنێتو زیندوت دەکاتەوە، پاشان دەتخاتە دۆزەخەوە} جا ئەم ئایەتانەی کۆتایی سورەتی یاسین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم خوانەناسە دابەزیون.

(٨٠) ئەو زاتە زیندوتان دەکاتەوە کە لەناو درەختی سەوزدا ئاگری داناوە بۆ ئێوە تا لە ماڵو لەسەفەردا سودی لێ وەربگرن، ئەوەتە کە ئێوە لەو درەختە ئاگر ڕۆشن دەکەن، بەڵێ: بەراستی ئەو زاتە زاناو بەتوانایەی کە ئاگرو درەختی شینو ئاو بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە نە ئاو ئاگرەکە دەکوژێنێتەوەو نە ئاگرەکە درەختەکە دەسوتێنێت،زۆر ئاسانە لەلای زیندو کردنەوەی گیان لەبەرانیش، جا ئەی مرۆڤ بیر بکەرەوەو خۆت بناسەو بەراستی بەندا یەتی پەروەردگارت بکەو خۆت گێل مەکە، چونکە بەگێلی بۆت ناچێتە سەر، هەرچی بکەیتو هەرچی ببیت هەردە بێ ڕۆژێك بێت کە دادگایی بکرێیت. ئینجا دەفەرموێ:

(٨١) ئایا ئەو زاتەی کە ئاسمانانو زەوی دروستکردوە توانایی ئەوەی نیە کە وێنەی ئەوان دروست بکاتەوە؟ بەڵێ، لە توانایدا هەیەو هەر خۆی دروستکەرو زانەرە بە هەمو شتێك.

(٨٢) بڕیاری ئەو هەرکاتێك کە بییەوێت شتێك بکات هەر ئەوەندەی پێدەچێت کەبفەرموێ: ببە. کوتوپڕ بەبێ دواکەوتن دەبێت.

(٨٣) سا پاکیو بێ عەیبی بۆ ئەو زاتەی کە هەمو شتێك بە دەست ئەوەو خاوەنی هەموشتێکەو هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێنرێنەوە بۆ بگرەو بەردەو پاداشتو سزا.

٣٧ سورەتی سافات ١٨٢

سورەتی سافات کە سورەتی سی‌و حەوتەمی قورئانە ،لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، سەدوهەشتاو دوو ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی پەنجاوشەشەمەو پاش سورەتی (الأنعام) وپێش (لقمان) دابەزیوە.

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆز و بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بەوانەی کە ڕیز دەبەستن بە ڕیزبەستن.

(٢) ئەوسا سوێند بەوانەی کە ڕێگری دەکەن لە خراپە کاری‌و خراپە کردن یان ئەو فریشتانەی کە پاڵ بە هەورەکانەوە دەنێن‌و بەملاو بەولایدا دەبەن بۆ باران بارین.

(٣) ئینجا سوێند بەوانەی قورئان دەخوێنن. جا لێرەدا دەگونجێت لە هەر سێ ئایەتەکەدامەبەست فریشتە بێت هەروەکو دەگونجێت خودی مرۆڤ مەبەست بێت، جا دەفەرموێ:

(٤) بەڕاستی خوداتان یەکەو هاوبەشی نیە نە لە زاتیداو نە لە سیفاتیداو نە لە کرداریدا، کە ئەو زاتە

(٥) پەروەردگاری ئاسمانان‌و زەوی‌و ئەوەی کە لەنێوانیاندا هەیەو پەروەردگاری جێگای ڕۆژهەڵاتەکانە.ڕۆژ هەڵاتی خۆرومانگ‌و ئەستێرەکان،ئەوانیش هەریەکەیان لەساڵدا چەندین جێگای لەیەك جودایان هەیە.

(٦) بێگومان ئێمە ئاسمانی نزیك لەم زەوییەمان بە ئەستێرەکان جوان‌و ڕەنگین کردوە.(٧) جا کردمانن بە پارێزگاریکەر لە هەمو شەیتانێکی سەرکەش نەگریس،

(٨) جا ئیتر ئەوان گوێ لە مەقامە بڵند پایەکانی ئاسمانان ناگرن، چونکە لە هەمو لایەکەوە ئاگرباران دەکرێن

(٩) ئەوشەیتانانە پاڵێوە نراون‌و سزایەکی دیاریان هەمیشە بۆ هەیەو ئەو هەواڵانەی کە لە پێش هاتنی پێغەمبەردا ﷺ بەگوێی جادووگەرو فالگرانیان دەدا، ئیتر دەستیان ناکەوێت چونکە بەو جۆرە ئاسمان پارێزراوەو ڕێگە لەوان گیراوە،

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفّٗا (١) فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرٗا (٢) فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا (٣)
إِنَّ إِلَٰهَكُمۡ لَوَٰحِدٞ (٤) رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا وَرَبُّ
ٱلۡمَشَٰرِقِ (٥) إِنَّا زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِزِينَةٍ ٱلۡكَوَاكِبِ (٦) وَحِفۡظٗا
مِّن كُلِّ شَيۡطَٰنٖ مَّارِدٖ (٧) لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى ٱلۡمَلَإِ ٱلۡأَعۡلَىٰ وَيُقۡذَفُونَ
مِن كُلِّ جَانِبٖ (٨) دُحُورٗاۖ وَلَهُمۡ عَذَابٞ وَاصِبٌ (٩) إِلَّا مَنۡ خَطِفَ
ٱلۡخَطۡفَةَ فَأَتۡبَعَهُۥ شِهَابٞ ثَاقِبٞ (١٠) فَٱسۡتَفۡتِهِمۡ أَهُمۡ أَشَدُّ خَلۡقًا
أَم مَّنۡ خَلَقۡنَآۚ إِنَّا خَلَقۡنَٰهُم مِّن طِينٖ لَّازِبِۭ (١١) بَلۡ عَجِبۡتَ
وَيَسۡخَرُونَ (١٢) وَإِذَا ذُكِّرُواْ لَا يَذۡكُرُونَ (١٣) وَإِذَا رَأَوۡاْ ءَايَةٗ يَسۡتَسۡخِرُونَ
(١٤) وَقَالُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٌ (١٥) أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا
أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ (١٦) أَوَءَابَآؤُنَا ٱلۡأَوَّلُونَ (١٧) قُلۡ نَعَمۡ وَأَنتُمۡ دَٰخِرُونَ
(١٨) فَإِنَّمَا هِيَ زَجۡرَةٞ وَٰحِدَةٞ فَإِذَا هُمۡ يَنظُرُونَ (١٩) وَقَالُواْ يَٰوَيۡلَنَا هَٰذَا
يَوۡمُ ٱلدِّينِ (٢٠) هَٰذَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِ ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ (٢١)
۞ ٱحۡشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَعۡبُدُونَ (٢٢) مِن دُونِ
ٱللَّهِ فَٱهۡدُوهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡجَحِيمِ (٢٣) وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ (٢٤)

(١٠) مەگەر ئەو شەیتانەی کە لەپڕ شتێکی لە دەنگ وباس وەبەر گوێی بکەوێت‌و بیفڕێنێت ، ئەوسا ئەویش پارچە ئاگرێکی کونکەری بۆ دەفڕێت ،جا هەندێك جار بەری دەکەوێت‌و دەیسوتێنێت‌و هەندێ جاریش بۆی دەردەچێت ئەمەش هەموی بە ئارەزۆی (ﷲ)یە جا ئەو چۆن حەز بکات ئاوەها دەبێت.

(١١) جا پرسیاریان لێ بکەو بڵێ: ئایا دروستکردنی ئەوان سەختترە یان ئەوانەی کە دروستمان کردوون لە فریشتەکان‌و ئاسمانەکان‌و زەوی؟ بەڕاستی ئێمە ئەوانمان لە قوڕێکی مچ کە دەلکا بەدەستەوە دروستکردوە، ئیتر بۆچی وا لەخۆبایی دەبن‌و پەروەردگاری خۆیان ناناسن‌و بەندایەتی بۆ ناکەن؟!

(١٢) نەك هەر ئەوەندە بەڵکو تۆ سەرت سوڕماوە لەپلەو ڕێزی ئەم قورئانە لەحاڵێکدا کە ئەوان گاڵتەی پێدەکەن.

(١٣) جا هەر کاتێکیش کە ئامۆژگاری بکرێن بیر ناکەنەوەو سود وەرناگرن.

مَا لَكُمْ لَا تَنَاصَرُونَ ﴿٢٥﴾ بَلْ هُمُ ٱلْيَوْمَ مُسْتَسْلِمُونَ ﴿٢٦﴾ وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ
عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَآءَلُونَ ﴿٢٧﴾ قَالُوٓاْ إِنَّكُمْ كُنتُمْ تَأْتُونَنَا عَنِ ٱلْيَمِينِ ﴿٢٨﴾
قَالُواْ بَل لَّمْ تَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ ﴿٢٩﴾ وَمَا كَانَ لَنَا عَلَيْكُم مِّن سُلْطَٰنٍۭ
بَلْ كُنتُمْ قَوْمًا طَٰغِينَ ﴿٣٠﴾ فَحَقَّ عَلَيْنَا قَوْلُ رَبِّنَآ إِنَّا لَذَآئِقُونَ ﴿٣١﴾
فَأَغْوَيْنَٰكُمْ إِنَّا كُنَّا غَٰوِينَ ﴿٣٢﴾ فَإِنَّهُمْ يَوْمَئِذٍ فِى ٱلْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ
﴿٣٣﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَفْعَلُ بِٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٣٤﴾ إِنَّهُمْ كَانُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَهُمْ
لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٣٥﴾ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓاْ ءَالِهَتِنَا
لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍۭ ﴿٣٦﴾ بَلْ جَآءَ بِٱلْحَقِّ وَصَدَّقَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٣٧﴾ إِنَّكُمْ
لَذَآئِقُواْ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَلِيمِ ﴿٣٨﴾ وَمَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ
﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٤٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ رِزْقٌ مَّعْلُومٌ ﴿٤١﴾
فَوَٰكِهُ وَهُم مُّكْرَمُونَ ﴿٤٢﴾ فِى جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٤٣﴾ عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَٰبِلِينَ
﴿٤٤﴾ يُطَافُ عَلَيْهِم بِكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍۭ ﴿٤٥﴾ بَيْضَآءَ لَذَّةٍ لِّلشَّٰرِبِينَ
﴿٤٦﴾ لَا فِيهَا غَوْلٌ وَلَا هُمْ عَنْهَا يُنزَفُونَ ﴿٤٧﴾ وَعِندَهُمْ قَٰصِرَٰتُ
ٱلطَّرْفِ عِينٌ ﴿٤٨﴾ كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ ﴿٤٩﴾ فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ
بَعْضٍ يَتَسَآءَلُونَ ﴿٥٠﴾ قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ إِنِّى كَانَ لِى قَرِينٌ ﴿٥١﴾

(١٤) خۆ هەر كاتێك نیشانەیەك لە ڕاستیو دروستی ئەم پەیامە ببینن گاڵتەی پێ دەكەن .
(١٥) ئەوسا دەڵێن ئەمە جگە لە جادویەكی ڕوونو ئاشكرا شتێكی تر نیە.

(١٦) ئایا هەر كاتێك مردینو بووین بەخاكو ئێسقان ئایا بەڕاستی ئێمە زیندو دەكرێینەوە؟

(١٧) ئایا هەروا خۆمانو باو باپیرانی پێشویشمان زیندوو دەكرێنەوە؟
(١٨) بلێ : بەڵێ زیندو دەكرێنەوە لە حاڵێكدا كە ئێوە شەرمەندەو چاوشۆڕن.

(١٩) ئینجا تەنها یەك دەنگەو دێتو هەمو زیندودەبنەوە ، ئەوسا تەماشا دەكەنو دەبینن چۆن وا هەمو خەڵك زیندو بونەتەوەو لە گۆڕەكانیان بەروت وقوتی وبەپێخاوسی هەستاون.

(٢٠) ئەوسا دەڵێن: وای بۆ ئێمە چیمان بەخۆمان كرد، خۆئەمە ڕۆژی جەزایە. جا پێیان دەوترێ:

(٢١) ئا ئەمەیە ڕۆژی جیا كردنەوەی چاكو خراپ كە ئێوە باوەڕتان پێی نەبوو، جا لەوێدا ئیتر قسەیان لە دەم دەبڕنو بە فریشتەكانی مەئمور دەدرێت كە پێیان دەوترێ:

(٢٢) ئا ئەوانەی كە بە شیركو تاوان ستەمیان لە خۆ كردوەو ئەوانەش كە هەروەك ئەوان بون كۆیان بكەنەوە ئەوانەیش كە پەرستویانن،

(٢٣) جگە لە ﷲ ئەوسا بەرەو ڕێگای دۆزەخ ڕێنماییان بكەن.

(٢٤) جا لەسەر پردی سەرڕوی دۆزەخ ڕایانگرن بەڕاستی ئەوان پرسیار لێكراون لە كارو كۆششی دنیان، جا زیاتر شەرمەزار دەكرێنو پێیان دەوترێ:

(٢٥) ئەوە چیتانە بۆ لێرەدا یارمەتی یەكتر نادەن وەك لە دنیادا لەسەر یەكترتان دەكردەوە؟!

(٢٦) نەخێر یارمەتیدان نیە بەڵكو ئەمڕۆ ئەمان خۆیان داوە بەدەستەوەو هیچ توانای قسەو بڕیاریان نیە، جا جوانتر بۆمان ڕۆشنتر دەكاتەوەو دەفەرموێ:

(٢٧) ئەوسا هەندێكیان ڕوو لە هەندێكی تریان دەكەنو پرسیار لە یەكتر دەكەنو مقۆ مقۆیانە.

(٢٨) پەیڕەوی كەران بە پەیڕەوی لێ كراوان دەڵێن: بەبێگومان كە ئێوە بوون لە دنیادا بە ڕێگایەكی وا دەهاتنو قسەتان لەگەڵ ئێمەدا دەكرد كە ئێمە دڵنیا بوین لێتان بەڵام ئێوەفریوتان داین.

(٢٩) پەیڕەوی لێ كراوان بە ژێر دەستەكانیان دەڵێن: نەخێر بەقسەی ئێمەتان نەكردوە بەڵكو ئێوە هەر خۆتان باوەڕدار نەبوون.

(٣٠) خۆ ئێمە هیچ دەسەلاتێكمان بەسەر ئێوەدا نەبوە كە بەزۆر لە باوەڕهێنان لاتان بدەین ، بەڵكو ئێوە گەلێكی سەركەش بوون بە نەفامی خۆتان لە باوەڕ وازتان هێناوە.

(٣١) ئەوسا قسەی پەروەردگارمان كە خستنە ناو دۆزەخی ستەمكارانە ڕاست هاتە دی لەسەرمان، بێگومان ئێمە دەیچەژین سزای كردارەكانمان.

(٣٢) جا بێگومان ئێمە ئێوەمان سەر لێ شێواند چونكە ئێمە سەرلێ شێوێنەرینو سەرلێ شێواو واتە: گلەییتان

لێمان بێ سودە چونکە ئێمەش هەر لە سزادین وەك ئێوە وحاڵمان لەئێوە جاکتر نیە.

(٣٣) جا بێگومان لەو ڕۆژەدا ئەوان لەو سزایەدا هاوبەشن ، چونکە لە سەرلێ شێواوی دنیادا هەردوو هاوبەشی یەك بوون ، ئینجا پەروەردگار دەفەرموێ:

(٣٤) بێگومان ئێمە هەر ئاوەها دەکەین بە تاوانباران .

(٣٥) بێگومان ئەوانە هەر کاتێك پێیان بوترایە-بڵێن- لا اله الا الله" واتە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە جگە لە (ﷲ) خۆیان بە گەورە دەگرتو دانیان بەو ڕاستیەدا نەدەنا.

(٣٦) جادەشڵێن: ئایا ئێمە واز بهێنین لە خواکانمان لەبەر قسەی شاعیرێکی شێت؟ پەروەردگاریش بەدەمیان دا دەداتو دەفەرموێ:

(٣٧) نەخێر ئەو نە شاعیرەو نە شێت بەڵکو بەڕاستی هاتووەو باوەڕی بەتەواوی پێغەمبەران هەیە. ئینجا پەروەردگار ڕوویان تێ دەکاتو دەفەرموێ:

(٣٨) بێگومان ئێوە سزای بەژان دەچەژن لەسەر ئەو بێ باوەڕیو وتارو کردارە ناپەسندانە تان.

(٣٩) خۆ هەر تۆڵەی ئەوەتان لێ وەرگیرێت کە کردوتانە .

(٤٠) بێجگە لەبەندە شایستەکان چونکە ئەوان بەهۆی کرداری چاکی خۆیانەوە لەو سزا بەژانە دوورن بەڵکو ئەمان لە نازو نیعمەتدان وەك دەفەرموێ:

(٤١) بۆ ئەوان ڕۆزییەکی دیاری هەیە.بەبەیانیانو ئێواران.

(٤٢) کە میوەهاتی زۆرەو ئەوان ڕێز لێ گیراویشن،

(٤٣) لەناو باخچە گەلی پڕ خێرو بێردان.

(٤٤) کە لەسەر تەختەکان ڕووبەڕوی یەکتر دادەنیشن .

(٤٥) بەناویاندا دەخولێنرێتەوە پیاڵەی پڕ لە شەراب لە سەرچاوەی هەمیشە ڕەوان. (٤٦) کە سپیەو بەتامە بۆ نۆشنکەرانی. (٤٧) لەو شوێنەدا نە عەقڵ لە دەست دان هەیەو نە سەرخۆش دەبن. (٤٨) خۆ لە لایاندایە

يَقُولُ أَءِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُصَدِّقِينَ (٥٢) أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا
لَمَدِينُونَ (٥٣) قَالَ هَلْ أَنتُم مُّطَّلِعُونَ (٥٤) فَٱطَّلَعَ فَرَءَاهُ فِى سَوَآءِ
ٱلْجَحِيمِ (٥٥) قَالَ تَٱللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرْدِينِ (٥٦) وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّى
لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُحْضَرِينَ (٥٧) أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ (٥٨) إِلَّا مَوْتَتَنَا
ٱلْأُولَىٰ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ (٥٩) إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ (٦٠)
لِمِثْلِ هَٰذَا فَلْيَعْمَلِ ٱلْعَٰمِلُونَ (٦١) أَذَٰلِكَ خَيْرٌ نُّزُلًا أَمْ شَجَرَةُ
ٱلزَّقُّومِ (٦٢) إِنَّا جَعَلْنَٰهَا فِتْنَةً لِّلظَّٰلِمِينَ (٦٣) إِنَّهَا شَجَرَةٌ
تَخْرُجُ فِىٓ أَصْلِ ٱلْجَحِيمِ (٦٤) طَلْعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ
(٦٥) فَإِنَّهُمْ لَءَاكِلُونَ مِنْهَا فَمَالِـُٔونَ مِنْهَا ٱلْبُطُونَ (٦٦) ثُمَّ إِنَّ لَهُمْ
عَلَيْهَا لَشَوْبًا مِّنْ حَمِيمٍ (٦٧) ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى ٱلْجَحِيمِ (٦٨)
إِنَّهُمْ أَلْفَوْا۟ ءَابَآءَهُمْ ضَآلِّينَ (٦٩) فَهُمْ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمْ يُهْرَعُونَ (٧٠)
وَلَقَدْ ضَلَّ قَبْلَهُمْ أَكْثَرُ ٱلْأَوَّلِينَ (٧١) وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا فِيهِم
مُّنذِرِينَ (٧٢) فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُنذَرِينَ (٧٣)
إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ (٧٤) وَلَقَدْ نَادَىٰنَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ
ٱلْمُجِيبُونَ (٧٥) وَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ (٧٦)

ئافرەتانێکیش کە هەمیشە چاویان لە مێردیانەو چاو گەورەن.

(٤٩) سپیو تۆز لێ نەکەوتون وەکو هێلکەی شاراوەن ، جا لەوێدا دادەنیشنو باسی دنیای خۆیان دەکەنو هەرکەس هاورێی دنیای خۆی دەکەوێتە بیر.

(٥٠) ئەوسا هەندێکیان ڕوو لە هەندێکیان دەکەنو لە یەکتر ئەپرسن، (٥١) یەکێك لەوان دەڵێ: من دۆستێکم بوو لە دنیادا باوەڕی بە زیندوکردنەوە نەبو.

(٥٢) دەی وت بە من: ئایا تۆ لە باوەڕدارانی بە ڕۆژی زیندوبونەوەو بە ڕاستی دەزانی؟ (٥٣) ئایا ئێمە کە مردینو بوین بە ئێسقان تازە حیسابمان لێ وەردەگرنەوە؟

(٥٤) دەڵێ: ئایا ئێوە هیچ هەواڵێکتان لەورەفیقەی من هەیە؟

(٥٥) ئەوسا خۆیشی دەست بە هەواڵ زانینی دەکات کەچی دەبینێ وا لە ناوەڕاستی دۆزەخدایە،

(٥٦) وتی: بەخوا وەختو منیش لەناوم ببیەت،

وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلْبَاقِينَ ﴿٧٧﴾ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِى ٱلْءَاخِرِينَ ﴿٧٨﴾ سَلَٰمٌ
عَلَىٰ نُوحٍ فِى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٩﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٠﴾ إِنَّهُۥ مِنْ
عِبَادِنَا ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٨١﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا ٱلْءَاخَرِينَ ﴿٨٢﴾ ۞ وَإِنَّ مِن
شِيعَتِهِۦ لَإِبْرَٰهِيمَ ﴿٨٣﴾ إِذْ جَآءَ رَبَّهُۥ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٤﴾ إِذْ قَالَ
لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَاذَا تَعْبُدُونَ ﴿٨٥﴾ أَئِفْكًا ءَالِهَةً دُونَ ٱللَّهِ تُرِيدُونَ
﴿٨٦﴾ فَمَا ظَنُّكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ فَنَظَرَ نَظْرَةً فِى ٱلنُّجُومِ ﴿٨٨﴾
فَقَالَ إِنِّى سَقِيمٌ ﴿٨٩﴾ فَتَوَلَّوْا۟ عَنْهُ مُدْبِرِينَ ﴿٩٠﴾ فَرَاغَ إِلَىٰٓ ءَالِهَتِهِمْ
فَقَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ ﴿٩١﴾ مَا لَكُمْ لَا تَنطِقُونَ ﴿٩٢﴾ فَرَاغَ عَلَيْهِمْ ضَرْبًۢا
بِٱلْيَمِينِ ﴿٩٣﴾ فَأَقْبَلُوٓا۟ إِلَيْهِ يَزِفُّونَ ﴿٩٤﴾ قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ
﴿٩٥﴾ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ قَالُوا۟ ٱبْنُوا۟ لَهُۥ بُنْيَٰنًا فَأَلْقُوهُ
فِى ٱلْجَحِيمِ ﴿٩٧﴾ فَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَٰهُمُ ٱلْأَسْفَلِينَ ﴿٩٨﴾
وَقَالَ إِنِّى ذَاهِبٌ إِلَىٰ رَبِّى سَيَهْدِينِ ﴿٩٩﴾ رَبِّ هَبْ لِى مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ
﴿١٠٠﴾ فَبَشَّرْنَٰهُ بِغُلَٰمٍ حَلِيمٍ ﴿١٠١﴾ فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعْىَ قَالَ
يَٰبُنَىَّ إِنِّىٓ أَرَىٰ فِى ٱلْمَنَامِ أَنِّىٓ أَذْبَحُكَ فَٱنظُرْ مَاذَا تَرَىٰ ۚ قَالَ
يَٰٓأَبَتِ ٱفْعَلْ مَا تُؤْمَرُ ۖ سَتَجِدُنِىٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٠٢﴾

﴿٥٧﴾ خۆئەگەر سۆزی پەروەردگارم نەبوایەو منی دوور نەخستایەوە لە تۆ ئێستا منیش لە گەل سزادراواندا لەگەڵ تۆدا دەبووم، جا بە ئەو دەڵێ:

﴿٥٨﴾ ئایا وانیە کە ئیتر ئێمە هەرگیز نامرین،

﴿٥٩﴾ مەگەر ئەو مردنە سەرەتایەی دنیاو ئەویش تەواو بو ، بەڵکو بۆ هەمیشە لەناو نازو نیعمەت داینو هەرگیز ئێمە سزا نادرێین؟

﴿٦٠﴾ بێگومان ئەم نازونیعمەتەی خەڵکی بەهەشت بەهرەمەندیو سەرکەوتنێکی گەورەیە.

﴿٦١﴾ جا با بۆ دستکەوتی ئاوەها ئیشکەران ئیش بکەن.

﴿٦٢﴾ ئایا ئەوە میوانداریەکی چاکە یان پێشوازیی بە درەختی زەقنەموت؟

﴿٦٣﴾ بەڕاستی ئێمە ئەو درەختەمان کردوە بە هۆی تاقی کردنەوەیەك بۆ ستەمکاران.

﴿٦٤﴾ چونکە ئەوە درەختێکەو لەناو ئاگری دۆزەخەوە دەردێت.

﴿٦٥﴾ هێشوەکەی هەروەکو سەری شەیتانان روو ناشیرین و ترسناکە، جا خوانەناسان گاڵتە بەمە دەکەنو دەڵێن: درەختی شینو ئاگری سوتێنەر؟! بەراستی ئەوان هیشتا خوایان نەناسیوەو هێزو دانایی ئەو زاتەیان نەزانیوە.

﴿٦٦﴾ جا ئەوان لەو درەختە دەخۆنو سکیانی لێ پڕ دەکەن

﴿٦٧﴾ پاشان لەسەر ئەو خواردنەیش زوخاوێکی زۆر داخیان بۆ هەیەو دەیخۆنەوە،

﴿٦٨﴾ پاشان بێگومان جێگەیان هەر گەڕانەوەیە بۆدۆزەخ.

﴿٦٩﴾ بێگومان ئەوان لەدنیادابە شوێن باو باپیرانیاندا کە لاڕێو گومڕا بوون دەچون.

﴿٧٠﴾ ئەوسا ئەوان بە شوێن ئەواندا ڕادەکەن واتە: ئەوەندە چەسپاون بە خراپەو نەفامیەوە وەك ئەوەی کە ڕابکەن بە شوێن ئەو بەرنامە نارێكو ناپەسەندەدا .

﴿٧١﴾ بەراستی زۆرێك لە خەڵکی پێش ئەوان گومڕا بوون،

﴿٧٢﴾ وە بەراستی ئێمە پێغەمبەرانمان بۆ ڕەوانە کردوونو پەیامی (ﷻ) یان پێ گەیاندوون ،بەڵام زۆربەی ئەوان دژایەتیان کردوونو گومڕا بوون.

﴿٧٣﴾ جا تەماشا بکەنو بزانن سەر ئەنجامی بێ باوەڕان چی بوو، ئەوسا بزانن کە ئەوەش بۆ ئێوە هەیە ئەگەر دژایەتی پێغەمبەرەکەی خۆتان بکەن.

﴿٧٤﴾ جگە لەو بەندانەی کە بە دڵسۆزییەوە (ﷻ) یان پەرستوە بەراستی ئەوانە لەناو هەرگەل دابوون سەربەرزو رزگابوون.

﴿٧٥﴾ بەڕاستی نوح هاواری بۆ هێناین وئێمەش وەڵاممان
دایەوە خۆ ئێمە باشترین وەڵام دەرەوەین، ﴿٧٦﴾ ئەوساخۆیو
خاو خێزانو پەیڕەوانیمان لەو تەنگانە گەورەیە
ڕزگارکرد.

﴿٧٧﴾ جا دامان نا کە هەر نەوەی ئەو بمێننەوە، ئەوە بوخوای گەورە بەولافاوە هەمو مرۆڤی قڕکرد جگە لەنەوەی ئەوو کۆمەڵێکی کەم کە باوەڕداربون پاشان هەر لەنەوەی ئەو خەڵکی سەرلەنوێ پەرەی سەندەوە ،واتە:

تەواوی مرۆڤـ لـە دوو پێغەمبـەرەوە هاتون یەکـەم، ئادەم،
دووەم، نوح عليه السلام ،جا هەر کەسێك لاڤ پـەیڕەوی باوباپیری
خۆی لێدەدات دەبێ خواناس‌وموسڵمان بێت ئەگینا شـەیتان
فریوی داوەو درۆ دەکات لەگەل باوك‌وباپیرانی خۆیشیدا.
٧٨ ئەوسا لەناو خەڵکانی پاش خۆیشی نـاوی خۆشمان بـۆ
هێشتەوە، ئەوەتا ئێستا هەمو گەلێك ڕێـزی نـوح دەگرێـت‌و
بە باپیری خۆی دەزانێت کە لەراستیشدا وایە ، چونکە وەك
وتمان پاش نوح هـەر چی خـەڵکی تـر بـوەو دەبـن هـەر لـە
نەوەی نوحن بۆیە بەو وتراوە ئادەمی دووهەم.
٧٩ لەناو جیهانیاندا درود بۆ نوح.
٨٠ بێگومـان ئێمـە هـەر ئاوەهـا پاداشـتی چـاکەکاران
دەدەینەوە.
٨١ بێگومـان ئـەو لـە بەنـدە باوەڕدارەکـانی ئێمـە
بو.رزگارکرا.
٨٢ پاشان ئەوانی ترمان لەناو ئاودا خنکاند.
٨٣ بێگومان ئیبراهیم لە دەستەو دایرەی ئەو بوە.
٨٤ ئەو کاتەی کە هاتە لای پەروەردگاری خۆی بە دڵێکی
پاکەوە. ٨٥ ئەو کاتەی کە بە باوکی‌و بـە گەلەکـەی خـۆی
وت : ئەوە چیە دەیپەرستن؟
٨٦ ئایـا بێجگـە لـە (الله) بەناحـەق خودایـانێکی ترتـان
دەوێت؟
٨٧ سـا ئێـوە سـەبارەت بـە پـەروەردگاری جیهانیـان چـی
دەڵێن‌و بیرو باوەڕتـان چۆنەو دەتانـەوێت چۆن حیسابتان
لەگەڵدا بکات کاتێك کە دەگەڕێنەوە بۆلای؟
٨٨ جا ئیبراهیم بۆ خۆ دزینـەوە لـە گەلەکـەی‌و شکاندنی
بتـەکان چـونکە کـاتی دەرچـونیان بـوو بـۆ جـەژنیان بـە
تەماشـا کردنێکـی سـەیر تەماشـای هەسـارەکانی کـرد وەك
ئەوەی کەمرۆڤێکی لەسەرحاڵ نەبێت.
٨٩ ئەوسـا وتـی: بێگومـان مـن نەخۆشـم ، نەچـو
بۆجەژنەکـەیان. ٩٠ ئـیتر ئـەوانیش گوێیـان پێنـەدا و
پشـتیان تێکـردو چـوون بـۆ دەرەوە بـۆ جەژن‌وسـەیرانی
خۆیان.
٩١ ئینجا ئەویش لەو کاتە هەلی وەرگرت‌و خـۆی کێشایە
لای خواکانیان کە بـۆ پیرۆزی خواردنیـان لەپێشدا بـۆ دانـا
بون تا کاتێ گەڕانەوە پیرۆز بێ‌و بیخۆن جا پێـی وتـن: بـۆ
نان ناخۆن.
٩٢ چونکە وەڵامیان نەبو پێی وتن بۆچی قسە ناکەن؟
٩٣ جـا بـە دەسـتی ڕاسـت‌و بـە هـەموو هێزیـەوە تێـی
سرەواندن‌و جگە لە بتـە گەورەکـەیان ئـەوانی تـری هـەمو
شـکاندن. بێگومـانم کـە ئـەم فەریکـە موسـڵمانانەی ئـەم
سـەردەمە لـەو کاتـەی ئیـبراهیم دا بوونایـە هـەمویان کـافر
دەبون چونکە ئـەو بت شکاندنەیان بـە شتێکی بێ سوود
دەزانـی؟! هـەی فـەوتاوان تـا لەژیانـدان بـیر بکەنـەوە!
بەسیەتی ئارەزۆ پەرستی بـەناو خوا پەرستیەوە، ئـەم کارەی
ئیبراهیم عليه السلام بێ کەس‌و بێ پارت‌و بێ یارمـەتی دەری رواڵـەتی
بێنە بەر چاوتان‌و بزانن بەو بۆچونەی ئـەمڕۆتان چ بڕیـارێکی
بەسەردا دەن؟ پاشان بزانن پەروەردگاری جیهانیان چ بڕیارێکی
بەسەردا داوە جا بزانە تۆ دانایت یان الله.
٩٤ ئەوسا ئەوان بە پەلە ڕوویان تێکرد کاتێك کە بینیان
بتـەکانیان شـکاوەو پـاش پـرس‌و ڕاو هێنـانی ئیـبراهیم‌و
بۆیـان دەرکـەوت کـە ئـەو بـوە ، جـا دەسـتیان کـرد بـە
سەرزەنشـت کردنـی کـە ئەمـە لـە سورەتی (ئـەنبیا)دا بـە
درێژی باس کراوە.
٩٥ ئیـبراهیم وتـی: ئێـوە شـتانێك دەپەرسـتن کـە خۆتـان
دەیانتاشن‌و جوانیان دەکەن‌و دەیانکەن بە خوای خۆتان؟
٩٦ لە حاڵێکدا کـە (الله) ئێـوەی دروسـتکردوەو ئـەوەیش
کە دەیکەن، هەردوو دروستکراوی ئەو زاتەن ، دەی ژێر بن
تـەنها ئـەو بپەرسـتن، جـا ئـەو نەزانانـە لـە جیـاتی بـیر
کردنەوەو گەڕانەوە لەو هەڵە گەورەیە هەڕەشەی سوتانیان
لێ کـردوە. وتیـان: بینـاو ساختمان گـەلێك دروست بکەن‌و
پڕیکەن لە دارو ئاگری بدەن جا کاتێك گـڕی گـرت‌و ئاگار
تیژبو،
٩٧ ئەوسا ئەو فڕەبدەنە ئەو ئاگرەوە

فَلَمَّآ أَسْلَمَا وَتَلَّهُۥ لِلْجَبِينِ ﴿١٠٣﴾ وَنَـٰدَيْنَـٰهُ أَن يَـٰٓإِبْرَٰهِيمُ ﴿١٠٤﴾ قَدْ
صَدَّقْتَ ٱلرُّءْيَآ ۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٠٥﴾ إِنَّ هَـٰذَا لَهُوَ
ٱلْبَلَـٰٓؤُا۟ ٱلْمُبِينُ ﴿١٠٦﴾ وَفَدَيْنَـٰهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ ﴿١٠٧﴾ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِى
ٱلْـَٔاخِرِينَ ﴿١٠٨﴾ سَلَـٰمٌ عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴿١٠٩﴾ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ
﴿١١٠﴾ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١١١﴾ وَبَشَّرْنَـٰهُ بِإِسْحَـٰقَ نَبِيًّا مِّنَ
ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿١١٢﴾ وَبَـٰرَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَىٰٓ إِسْحَـٰقَ ۚ وَمِن ذُرِّيَّتِهِمَا
مُحْسِنٌ وَظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ مُبِينٌ ﴿١١٣﴾ وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَىٰ مُوسَىٰ
وَهَـٰرُونَ ﴿١١٤﴾ وَنَجَّيْنَـٰهُمَا وَقَوْمَهُمَا مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ
﴿١١٥﴾ وَنَصَرْنَـٰهُمْ فَكَانُوا۟ هُمُ ٱلْغَـٰلِبِينَ ﴿١١٦﴾ وَءَاتَيْنَـٰهُمَا ٱلْكِتَـٰبَ
ٱلْمُسْتَبِينَ ﴿١١٧﴾ وَهَدَيْنَـٰهُمَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿١١٨﴾ وَتَرَكْنَا
عَلَيْهِمَا فِى ٱلْـَٔاخِرِينَ ﴿١١٩﴾ سَلَـٰمٌ عَلَىٰ مُوسَىٰ وَهَـٰرُونَ
﴿١٢٠﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٢١﴾ إِنَّهُمَا مِنْ
عِبَادِنَا ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٢٢﴾ وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٢٣﴾
إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٢٤﴾ أَتَدْعُونَ بَعْلًا وَتَذَرُونَ أَحْسَنَ
ٱلْخَـٰلِقِينَ ﴿١٢٥﴾ ٱللَّهَ رَبَّكُمْ وَرَبَّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٢٦﴾

﴿٩٨﴾ جا ئەوان ویستیان بەو فڕوفێڵە لەناوی ببەن بەڵام (الله) دەفەرموێ: ئێمە ئەوانمان سوكو شەرمەندە كردو بە فرمانی (الله) ئاگر ئیبراهیمی نەسوتاند.

﴿٩٩﴾ ئەوسا ئیبراهیم عليه السلام وتی: بێگومان من لێرە كۆچ دەكەم بۆ ئەنجامدانی بڕیارەكانی پەروەردگارم كە بەم زوانە ڕێنمایم دەكات كە بۆ كوێ بچم. بەڵێ لە وڵاتی خۆی كە عێراقە دەرچوو بەرەو شام ، جا كاتێك كە گەیشتە زەوی بە پیتو فەڕ، داوای لە پەروەردگاری كردو وتی:

﴿١٠٠﴾ ئەی پەروەردگارم كوڕێكم پێ بدە لە پیاوچاكانبێ، پەروەردگاریش دەفەرموێ:

﴿١٠١﴾ ئەوسا ئێمەیش موژدەمان پێ دا بە كوڕێكی لەسەرخۆو بە حەوسەڵە.

﴿١٠٢﴾ جا كاتێك ئەو كوڕە گەورە بوو توانای ئیش كردنی پەیدا كرد لەگەڵ باوكی دا، ئیبراهیم خەونی بینی كە لەو خەونەدا فرمانی پێ كرا كە كوڕەكەی سەر ببڕێت. باوكێك چەندین ساڵە منداڵی نیەو لەو سەردەمەی تەمەنیدا لە (الله) پاڕایەوە كە كوڕی پێ بداتو ئەویش كوڕی پێ دا كەچی وا ئێستا گەورە بوەو توانای كاری هەیە لەگەڵیدا كەچی فرمانی پێ دەكرێت كە ئەو كوڕەی بكات بە قوربانی، جا ئەویش وتی: ئەی كوڕی خۆشەویستم من لە خەونم دا بینیومە كە تۆ سەر دەبڕم جا تۆیش تەماشا بكەو بزانە چ بڕیارێك دەدەیتو ئەم خەونە بەچی دەزانیت، كوڕەیش وتی: ئەی باوكی خۆشەویستم ئەوەی كە تۆ ئەمرت پێ كراوە بیكە إن شاءالله تۆ منت لەناو خۆگراندا دەست دەكەوێت ، واتە: خۆ دەگرم بۆ ئەو سەربڕینە، بەڵێ ئەوەیە باوكو فەرزەندی ڕاستو خواناس، كام لە ئێمە ئاوا ئامادەین كە خۆشەویسترین كەسمان فیدای (الله)ی بكەینو كام لە فەرزاندان ئاوا گوێڕایەڵو فەرمانبەرداری باوكی خۆی دەكات بۆئەنجامدانی فرمان (الله)؟

﴿١٠٣﴾ جا كاتێك هەردووكیان خۆیان دا بەدەست بڕیاری (الله)ەوەو لەسەر ناوچاوان ڕایكێشا بۆ سەربڕینو كێردی لە ملی نا.

﴿١٠٤﴾ لەو كاتەدا ئێمە بانگمان كرد كە ئەی ئیبراهیم عليه السلام.

﴿١٠٥﴾ بێگومان تۆ خەونی خۆتت هێنایە دی جا ئێمەش هاتین بە هاوارتانەوەو لەو تەنگانە ڕزگارمان كردن، خۆ بێگومان هەر ئاوەها ئێمە پاداشتی چاكەكاران دەدەینەوە.

﴿١٠٦﴾ بێگومان كە ئەمە تاقی كردنەوەیەكی ڕوون بوو بۆ ئەو دوو پێغەمبەرە سەلامی خوایان لێ بێ.

﴿١٠٧﴾ جا ئیسماعیل مان عليه السلام دایەوە بە ئیبراهیم عليه السلام وبەرانێكی گەورەمان لەجیاتی ئەودا بۆنارد كە بیكات بە قوربانی. قوربانی ئەم ئومەتەیش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت.

﴿١٠٨﴾ جا لەناو بەرەی ئاییندەدا وامان لێكرد كە بەچاكی ناوی ببەن.

﴿١٠٩﴾ درود بۆ ئیبراهیم كە بەچاكی فرمانی ئێمەی ئەنجامدا. ﴿١١٠﴾ ئێمە هەر ئاوەها پاداشتی چاكەكاران دەدەینەوە،

﴿١١١﴾ بەبێگومان ئەو لە بەندە باوەڕدارەكانی ئێمە بوو.

(١١٢) ئەوسا موژدەیشمان پێ دا بە ئیسحاق کە پێغەمبەرێکە لەناو پیاوچاکان. وە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو کوڕەی ئامادەی سەربڕین بو ئیسحاق نەبوە وەك هەندێك وتویانە. ئینجا پەروەردگار دەفەرموێ:

(١١٣) خەیرو فەرمان ڕژاند بەسەر خۆیو بەسەر ئیسحاقدا جا لەناو نەوەکانیاندا چاکەکارو بەڕوونی ستەمکار لە خۆی دەبێ.

(١١٤) خۆ بەراستی منەتیشمان نایە سەر موساو هارون.

(١١٥) جاخۆیان و گەلەکەیانمان ڕزگارکرد لەو تەنگانە گەورەیەی کە تێیدا بون بەدەست فیرعەونەوە.

(١١٦) جا یارمەتیمان دان ئەوسا ئەوان زاڵبون بەسەر دوژمنانیاندا کە فیرعەونو دەستو دایرەی بو.

(١١٧) خۆ پەڕاوی ڕۆشنکەرەوەمان کە تەورات بو پێدان.

(١١٨) ئەوسا ڕێگای ڕاستمان پیشاندان.

(١١٩) جا وامان لێ کردن کە پاش خۆیان بە چاکە ناویان ببەن.

(١٢٠) درود بۆ موساو هارون.

(١٢١) بێگومان ئێمە هەر ئاوەها پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە.

(١٢٢) بێگومان ئەو دووانە هەردووکیان لە بەندە باوەڕدارەکانی ئێمە بوون. ئینجا پەروەردگار باسی ئیلیاس عليه السلام دەکاتو دەفەرموێ:

(١٢٣) بەراستی ئیلیاس عليه السلام یەکێکە لە پێغەمبەران.

(١٢٤) جا وەبیریان بێنەوە ئەو کاتەی کە بە گەلەکەی وت: ئایا ئێوە خۆتان ناپارێزن لەو شتانەی کە بەلای (الله)وە ناڕەوایە؟! واتە: خۆتان بپارێزنو لە پەروەردگار بترسن.

(١٢٥) ئایا ئێوە ئەوبتەی کەناوی بەعلە دەپەرستن و واز لە چاکترینی دروستەکەران دەهێنن کە (الله)یە؟

(١٢٦) کە پەروەردگارتانەو پەروەردگاری باو باپیرانتانە؟

فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ (١٢٧) إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ (١٢٨)
وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ (١٢٩) سَلَامٌ عَلَىٰ إِلْ يَاسِينَ (١٣٠) إِنَّا كَذَٰلِكَ
نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (١٣١) إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ (١٣٢) وَإِنَّ لُوطًا
لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ (١٣٣) إِذْ نَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ أَجْمَعِينَ (١٣٤) إِلَّا عَجُوزًا
فِي الْغَابِرِينَ (١٣٥) ثُمَّ دَمَّرْنَا الْآخَرِينَ (١٣٦) وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِم
مُّصْبِحِينَ (١٣٧) وَبِاللَّيْلِ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (١٣٨) وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ
الْمُرْسَلِينَ (١٣٩) إِذْ أَبَقَ إِلَى الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ (١٤٠) فَسَاهَمَ فَكَانَ
مِنَ الْمُدْحَضِينَ (١٤١) فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ (١٤٢) فَلَوْلَا أَنَّهُ
كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ (١٤٣) لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ (١٤٤)
۞ فَنَبَذْنَاهُ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ سَقِيمٌ (١٤٥) وَأَنبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً
مِّن يَقْطِينٍ (١٤٦) وَأَرْسَلْنَاهُ إِلَىٰ مِائَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ (١٤٧)
فَآمَنُوا فَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَىٰ حِينٍ (١٤٨) فَاسْتَفْتِهِمْ أَلِرَبِّكَ الْبَنَاتُ
وَلَهُمُ الْبَنُونَ (١٤٩) أَمْ خَلَقْنَا الْمَلَائِكَةَ إِنَاثًا وَهُمْ
شَاهِدُونَ (١٥٠) أَلَا إِنَّهُم مِّنْ إِفْكِهِمْ لَيَقُولُونَ (١٥١) وَلَدَ
اللَّهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ (١٥٢) أَصْطَفَى الْبَنَاتِ عَلَى الْبَنِينَ (١٥٣)

(١٢٧) ئەوسا ئەوان باوەڕیان پێ نەکرد ، ئینجا ئەوان بەڕاستی ئامادە دەکرێن بۆ لێ پرسینەوەو حیسابو تۆڵە.

(١٢٨) جگە لە بەندە چاکەکانی (الله)، کە ئەوان بە چاکە پاداشت دەدرێنەوە.

(١٢٩) وە لەپاش خۆی ناوی چاکمان بۆ هێشتەوە (١٣٠) درود لە ئیلیاس، (١٣١) بێگومان ئێمە هەر بەم شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە.

(١٣٢) بەڕاستی ئەو یەکێکە لە بەندە باوەڕدارەکانی ئێمە. ئینجا پەروەردگار بە کورتی باسی لوت عليه السلام و پاشان باسی یونس عليه السلام دەکاتو دەفەرموێ:

(١٣٣) جا بێ گومان کە لوت عليه السلام لە پێغەمبەرانە، پەروەردگار ناردی بۆ سەر گەلێکی ڕەوشت نزم بەڵام هەرچەند ئامۆژگاری کردن سودی نەبوو پاشان (الله) ئەو گەلەی لەناوبرد بە سەروبن کردنی خۆیانو دێهاتەکانیانو لوتی ڕزگارکرد ،وەك دەفەرموێ:

(١٣٤) باس بکە ئەو کاتەی کە ئێمە خۆیو دەستو دایرەکەیمان هەموو ڕزگار کرد،

(١٣٥) جگە لە پیرەژنەکەی خێزانی کە لەناو لەناوچواندا مایەوە چونکە ئەویش بە بیرو بۆچون یارمەتی ئەو گەلەی دەدا.

(١٣٦) پاشان ئەوانی ترمان لەناو بردن.

(١٣٧) جا بەڕاستی ئێوە لەکاتی سەفەرتان دا بە رۆژ دەدەن بەلای ئەواندا،

(١٣٨) وبەشەویشو هەمیشە شوێنەواری ئەوان دەبینن دەی ئایا ژیر نابنو لەوان پەندو ئامۆژگاری وەرناگرن؟ واتە، دژایەتی پێغەمبەرەکەتان نەکەن ، نەك وەك ئەوان تۆڵەتان لێوەرگیرێت؟

(١٣٩) خۆ بێگومان یونسیش عليه السلام لە پێغەمبەرانە. ئەم پێغەمبەرەش وەکو لە سورەتی (ئەنبیاو شوعەراو ئەعراف) و چەند جێگای تردا هاتوە زۆر زەحمەتی کێشاوە لەگەڵ گەلەکەی خۆیدا بەڵام باوەڕیان پێ نەکرد وە ئەویش بەبێ ئەوەی فرمانی خوای بۆ بێت ئەو گەلەی بەجێ هێشتوەو وای بیر نەدەکردەوە دوچاری تەنگانە بکرێت، جا لێرەدا هەندێ لەو سەفەرەیمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(١٤٠) وەبیریان بهێنەرەوە ئەو کاتەی کەڕای کردو چوە لای کەشتیەکی پڕو ئەوانیش هەڵیان گرت ، بەڵام لە دەریادا لەبەر زۆری بارەکەی نزیك بو کە هەمویان نوقمی دەریا ببن لەبەر ئەوە ناچار بون کە کەسێکی لێ بخەنە ناو دەریاوە تا بەڵکو باقی تریان ڕزگاریان ببێت.

(١٤١) جا تیروپشکیان کرد کەچی ئەو لەوانە بو کە وەبەرفڕەدان کەوتو خستیانە ناو دەریاوە.

(١٤٢) ئەوسا ماسیەکی گەورە قووتی دا لە حاڵێکدا کە خۆی سەرزەنشتی خوی دەکرد لەسەر ئەو کارەی کە کردیو پاڕایەوە لە پەروەردگاریو دانی نا بە هەڵەی خۆیداو خۆی بە ستەمکار ناوبرد جا پەروەردگار هات بەهاواریەوەو لەو تەنگانە گەورەیە ڕزگاری کرد.

(١٤٣) جا ئەگەر ئەو لەو کەسانە نەبووایە کە بە پاکی تەسبیحاتی پەروەردگاری خویان دەکەنو دانی بە هەڵەی خۆیدا نەنایە،

(١٤٤) بێگومان لەناو سکی ئەو ماسیەدا دەمایەوە هەتا ئەو ڕۆژەی کە خەڵك زیندو دەکرانەوە، واتە: هەتا قیامەت لەوێدا دەبو.

(١٤٥) جا ئێمە بە دەرکردنی فرمانمان بۆ ئەو ماسیەو هێنانەوەی بۆ کەناری دەریاو هەڵهێنانەوەی خستمانە ئەو چۆڵاییەوە لە حاڵێکدا کە لەشی کوتراو نەخۆش بوو توانای هیچ جموجوڵی نەبوو مێشو مەگەزیش لێی کۆدەبوونەوەوئازاریان دەدابەڵام پەروەردگار خستیە بەر ڕەحمەتی خۆیو دەفەرموێ:

(١٤٦) ئەوسا ئێمە درەختی کولەکەمان بۆ ڕوواند کە پەلکەکانی بدا بەخۆیدا تا مێشو مەگەز لێی نزیك نەبنەوەو ئازاری نەدەن.

(١٤٧) جا پاش چاك بونەوەی ناردمان بۆ گەلێك کە سەد هەزار کەسو زیاتریش دەبوون.

(١٤٨) ئەوسا ئەوانیش باوەڕیان هێناو تا ماوەیەك ژیانی خۆشمان پێدان، ئینجا (الله) بەشێوەی پرسیاری سەرزەنشتی رولەو گەلو هۆزو کەسانە دەکات کە دەڵێن فریشتەکان کچی خودانو دەفەرموێ:

(١٤٩) دەسا لێیان بپرسە ئایا پەروەردگاری تۆ کچی هەیەو ئەوان کوڕیان هەیە؟

(١٥٠) یان ئایا ئەوان لەوێ بوون کە ئێمە فریشتەکانمان مێینە دروستکردوە؟

(١٥١) باش بزانن بێگومان هەر بەشێکە لە درۆکانیان کە دەڵێن:

(١٥٢) (الله) منداڵی بوەوبێگومان کە ئەوان لەو قسەو باسانەدا درۆزنن

(١٥٣) ئایا ئەو لەباتی کوڕدا کچی هەڵبژاردوە بۆ خۆی؟!

(١٥٤) ئەوە چیتانە؟ چۆن ئاوا بریارێك دەدەن؟

(١٥٥) ئایا بیر ناکەنەوە؟ واتە: ژیربنو چاك بیر بکەنەوەو چیتر ئەو قسە پڕوپوچانە مەکەنو خۆتان فریو مەدەن.

مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿١٥٤﴾ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٥﴾ أَمْ لَكُمْ سُلْطَٰنٌ مُّبِينٌ
﴿١٥٦﴾ فَأْتُوا۟ بِكِتَٰبِكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٥٧﴾ وَجَعَلُوا۟ بَيْنَهُۥ وَبَيْنَ ٱلْجِنَّةِ
نَسَبًا ۚ وَلَقَدْ عَلِمَتِ ٱلْجِنَّةُ إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ ﴿١٥٨﴾ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا
يَصِفُونَ ﴿١٥٩﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿١٦٠﴾ فَإِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ ﴿١٦١﴾
مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ بِفَٰتِنِينَ ﴿١٦٢﴾ إِلَّا مَنْ هُوَ صَالِ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦٣﴾ وَمَا مِنَّآ إِلَّا
لَهُۥ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ ﴿١٦٤﴾ وَإِنَّا لَنَحْنُ ٱلصَّآفُّونَ ﴿١٦٥﴾ وَإِنَّا لَنَحْنُ ٱلْمُسَبِّحُونَ
﴿١٦٦﴾ وَإِن كَانُوا۟ لَيَقُولُونَ ﴿١٦٧﴾ لَوْ أَنَّ عِندَنَا ذِكْرًا مِّنَ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٦٨﴾ لَكُنَّا
عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿١٦٩﴾ فَكَفَرُوا۟ بِهِۦ ۖ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿١٧٠﴾ وَلَقَدْ
سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمْ لَهُمُ ٱلْمَنصُورُونَ ﴿١٧٢﴾ وَإِنَّ
جُندَنَا لَهُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿١٧٣﴾ فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿١٧٤﴾ وَأَبْصِرْهُمْ فَسَوْفَ
يُبْصِرُونَ ﴿١٧٥﴾ أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ ﴿١٧٦﴾ فَإِذَا نَزَلَ بِسَاحَتِهِمْ فَسَآءَ
صَبَاحُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿١٧٧﴾ وَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿١٧٨﴾ وَأَبْصِرْ فَسَوْفَ
يُبْصِرُونَ ﴿١٧٩﴾ سُبْحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٨٠﴾
وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٨١﴾ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٨٢﴾

٣٨ سُورَةُ صٓ ٨٨

(١٥٦) یان ئایا بەڵگەیەکی ڕۆشنتان هەیە لەسەر ئەم بڕیارانەتان؟

(١٥٧) جا ئەگەر ڕاست دەکەن لەم قسەنەتاندا ئادەی کتێبی خۆتان بێنن؟ ئاشکرایەکە هیچ کتێبێکیان نیە چونکە درۆو بوختان هەڵدەبەستن و هیچی تریان لا نیە.

(١٥٨) ئەوان لەنێوان پەروەردگارو لەنێوان جنۆکەکاندا خزمایەتی دادەنێن، بەراستی جنۆکە خۆیان دەزانن کە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانیش ئامادە دەکرێن لە دادگای پەروەرگاردا و هیچ جۆرە پەیوەندیەکیان جگە لە بەندایەتی لەگەڵ (ﷲ)دا نیە ، هەروەکو پەروەردگار خۆی دەفەرموێ:

(١٥٩) پاك و بێ عەیبە (ﷲ) و نیازی بە منداڵ و خزم نیەو دوورە لەو وەسفەی کە ئەوان دەیکەن، بەڵێ جنۆکەو مرۆڤ ئاوا نمەك نەناسن و درۆی گەورەی ئاوەها دەکەن سەبارەت بەزاتی (ﷲ) وسیفەت و کردارەکانی.

(١٦٠) جگەلە بەندە پاکەکانی (ﷲ) کە بەڕاستیوبە بێ عەیبی دەیناسن و بە پاك وخاوێنیش بەندایەتی بۆ دەکەن.

(١٦١) ئەوسا بەڕاستی ئێوەو ئەوەی کە دەیپەرستن،

(١٦٢) ئێوە ناتوانن دژایەتی (ﷲ) بکەن و لە دەستی تۆڵەو سزای دەرچن ،کەسیشتان لەدژی بۆ فریو نادرێت بۆ بت پەرستی.

(١٦٣) بەڵێ کەستان پێ ناخەڵەتێت جگە لەوەی کە دەچێتە ناو دۆزەخەوە،واتە: هەر دۆزەخیتان بۆدەخەڵەتێت. جا فریشتەکان دەڵێن:

(١٦٤) لەناو ئێمەدا کەسێك نیە مەگەر پلەو جێگایەکی ئاشکراوتایبەتی خۆی هەیەوناتوانێ لەو پلەو جێگایەی خۆی تێ پەڕێت.

(١٦٥) خۆ ئێمە هەمیشە ڕیزین لەپێشگای پەروەردگارمانداو ئامادەی بەندایەتین.

(١٦٦) جا بێگومان ئێمە هەر خەریکی تەسبیحاتی پەروەردگارین. لە سەحیحی موسلم دا هاتووە کە حوزەیفە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هێناویەتی کە فەرمویەتی:{ فُضِّلْنَا عَلَى النَّاسِ بِثَلَاثٍ جُعِلَتْ صُفُوفُنَا كَصُفُوفِ الْمَلَائِكَةِ وَجُعِلَتْ لَنَا الْأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدًا وَجُعِلَتْ تُرْبَتُهَا لَنَا طَهُورًا إِذَا لَمْ نَجِدِ الْمَاءَ/ئێمە بە سێ شت ڕێزمان لێ نراوە بەسەر خەڵك دا: ڕیزەکانی نوێژەکەمان وەکو ڕیزی فریشتەکانەو زەویمان بۆ کراوە بە مزگەوت و خاکەکەیشی پاکۆکەرە هەرکاتێ کەئاومان دەست نەکەوێت}.

(١٦٧) جائەگەرچی ئەوان لە پێش هاتنی پێغەمبەردا ﷺ دەیان وت:

(١٦٨) بێگومان ئەگەر کەسێك بێتە لامان و فرمانی خوامان بۆ باس بکات و ڕوداوەکانی گەلانی پێشومان بۆ بڵێت، ئێمەش بەخۆماندا دەچوینەوە.

(١٦٩) بەدڵنیاییەوە ئێمە دەبووین بە بەندە پاکەکانی (ﷲ) کەچی لەم بڕیارەیشیاندا درۆیان کرد.

(١٧٠) جا کاتێك کە پێغەمبەریان بۆ هات ئەوان بێ باوەڕبوون پێی ، جا بەم زووانە دەزانن چییان بەسەر دێت.

(١٧١) بەراستی بڕیاری ئێمە سەبارەت بەیارمەتی دانی بەندەو پێغەمبەرانمان هەر لەکۆنەوەیە کە فەرمویەتی: خۆمو پێغەمبەرانم سەردەکەوینو دوژمنی ئێمەو پێغەمبەرانمان لەناودەچێت.

(١٧٢) کەوابو بابێگومان بن کە پێغەمبەرانن یارمەتی دراوان.

(١٧٣) جا بێگومان کە هەر سەربازەکانی ئێمەن سەردەکەون لە دنیاو لە دوارۆژدا ، ئەگەر لەم دنیاش شکست بخۆن لە دوارۆژدا هەر ئەوانن سەرکەوتوو.

ئەوەبو کە قورەیش بەسەرکردایەتی ئەبوجەهلو ئەبوسوفیان دژایەتی پێغەمبەر ﷺ و یارەکانیان کرد تا هاتنە سەر ئەوەیش کە بڕیاری کوشتنیانداو ناچار بەفرمانی خوا پاش سیانزە ساڵ بانگە وازی یەکتا پەرستی کۆچی کرد بۆ مەدینەو پاشان چەندین جەنگی خوێناویشیان لەدژی کرد تا سەرەنجام لەساڵی هەشتەمی کۆچیدا ﷻ زاڵی کرد بەسەریاندا، بەڵام ئەو پاش زاڵبونی هەمویانی بەخشی.

(١٧٤) جا تۆئەی محمدﷺ گوێیان تێ مەدە هەتا ماوەیەك کە کاتی هاتنی سزایانە بە لەناو چونو کوشتنو دەستگیر کردن،

(١٧٥) وەبیریان بینەوەو بۆیان ڕۆشن بکەرەوە ، ئەوسا بەم زوانە ئەوانیش سزاو تۆڵەی خراپەکاری خۆیان دەبینن.

(١٧٦) ئایا بۆ سزاو تۆڵەیەك کە بۆمان داناون پەلە دەکەن؟! وادەزانن کە درۆیە؟ با پەلە نەکەن دڵنیابن کە دێت.

(١٧٧) ئەوسا کە سزای ئێمە هاتە ناو شاروماڵەکانیانو یەخەی گرتن ئای چ خراپ بەیانیەکە بەیانی هاتنی سزای ترسێنراوان.

لە فەرمودەدا هاتوە کە ئەنەس وتویەتی: بەیانی زوو پێغەمبەر ﷺ دای بەسەر خەیبەردا جا کاتێك هاتنە دەرەوە بە تەوشیو زەنگنو بێلەوە بۆ ناو باخو کێڵگەکانیانو چاویان بەو سوپایە کەوت گەڕانەوەو وتیان: بەخوا محمدە، محمدو سوپایەکی گەورە! جا پێغەمبەر ﷺ فەرموی:{ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ خَرِبَتْ خَيْبَرُ إِنَّا إِذَا نَزَلْنَا بِسَاحَةِ قَوْمٍ فَسَاءَ صَبَاحُ الْمُنْذَرِينَ / البخاري/ﷻ لە هەموشت گەورەترە، ﷻ لە هەموشت گەورەترە، خەیبەر وێران بوو، بێگومان ئێمە هەر کاتێك بۆ تەمێو ژێرکردنی گەلێکی سەرەڕۆ بچینە ناو ماڵەکانیانەوە ئەو کاتە خراپترین بەیانیە بەیانی ترسێنراوان}

جارێکی تر پەروەردگار لەم هەلومەرجەی دابەزینی ئەم ئایەتانەدا کە جیهاد لەسەر موسڵمانان پێویست نەکراوە دەفەرموێ:

(١٧٨) تا ماوەیەك وازیان لێ بهێنە.

(١٧٩) وە ببینەو بزانە چی دەکەن، بەم زوانە ئەوانیش بۆ خۆیان دەبینن کە چییان کردوەو چییان هاتوەتە ڕێ "چی بچێنی هەر ئەوە دەروێنەدەکەی"

(١٨٠) پاكو بێ عەیبە پەروەردگاری بە دەسەڵاتت لەو وەسفەی کە مشریکان دەیکەن کەخوا منداڵی هەیەو نیازی بە کەسانێك هەیە کە هەواڵی بەندەکانو دوعاو وتارو کردارەکانیان پێ بگەیەنێتو لەڕوی کەسانێك دادەمێنیو تکاکاریان لێ وەردەگرێتودەیان شتی تر کە تەنها لە توانای خوا دایە.

(١٨١) سا درود لەسەر تەواوی پێغەمبەران.

(١٨٢) ئەوسا تەواوی سوپاسیش هەر بۆ (ﷻ)یە کە پەروەردگاری جیهانیانە.

(٣٨) سورەتی صاد (٨٨)

سورەتی صاد کە سورەتی سیو هەشتەمی قورئانە ، لە مەکەدا هاتۆتە خوارەوەو هەشتا و هەشت ئایەتە ، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی سیو هەشتەمیشەو پاش سورەتی (القمر) و پێش (الأعراف) دابەزیوە،

ئەم سورەتەو سورەتی ئینفتارو لەسەر رای هەندێکیش سورەتی نوح سێ سورەتی قورئانن کە ژمارەی سورەتو ژمارەی دابەزینیان یەکێکە.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
صٓ ۚ وَٱلْقُرْءَانِ ذِى ٱلذِّكْرِ ﴿١﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ ﴿٢﴾
كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ فَنَادَوا۟ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ ﴿٣﴾ وَعَجِبُوٓا۟
أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ ۖ وَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٤﴾
أَجَعَلَ ٱلْـَٔالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ ﴿٥﴾ وَٱنطَلَقَ ٱلْمَلَأُ
مِنْهُمْ أَنِ ٱمْشُوا۟ وَٱصْبِرُوا۟ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمْ ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ يُرَادُ ﴿٦﴾
مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِى ٱلْمِلَّةِ ٱلْـَٔاخِرَةِ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا ٱخْتِلَٰقٌ ﴿٧﴾ أَءُنزِلَ
عَلَيْهِ ٱلذِّكْرُ مِنۢ بَيْنِنَا ۚ بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ مِّن ذِكْرِى ۖ بَل لَّمَّا يَذُوقُوا۟ عَذَابِ
﴿٨﴾ أَمْ عِندَهُمْ خَزَآئِنُ رَحْمَةِ رَبِّكَ ٱلْعَزِيزِ ٱلْوَهَّابِ ﴿٩﴾ أَمْ لَهُم
مُّلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ۖ فَلْيَرْتَقُوا۟ فِى ٱلْأَسْبَٰبِ ﴿١٠﴾
جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ ٱلْأَحْزَابِ ﴿١١﴾ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ
نُوحٍ وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ ذُو ٱلْأَوْتَادِ ﴿١٢﴾ وَثَمُودُ وَقَوْمُ لُوطٍ وَأَصْحَٰبُ
لْـَٔيْكَةِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلْأَحْزَابُ ﴿١٣﴾ إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ
فَحَقَّ عِقَابِ ﴿١٤﴾ وَمَا يَنظُرُ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً مَّا لَهَا
مِن فَوَاقٍ ﴿١٥﴾ وَقَالُوا۟ رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ ٱلْحِسَابِ ﴿١٦﴾

بەناوی الله ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) صاد. پیتێکە لەو پیتانەی کە لەپێش چەند سورەتێکی تری قورئاندا هاتون‌و ڕاسترین بۆچون ئەوەیە کە زانیاری مانای ئەم وشانە هەر لەلای (ﷲ) یە. سوێند بەم قورئانەی کە خاوەنی بیرو یاد کردنەوەیە. بە خوێندنەوەی سودی لێ وەرگرن و بە پەیڕەوکردنیشی (ﷲ) لە خۆتان ڕازی بکەن. وە ئەو قورئانە مایەی شەرەف و ڕێزەبۆ هەر کەسێك کە پەیڕەوی بکات.

(٢) بەڵام ئەو کەسانەی کە خوا نەناسن وان لەناو گێژاوی خۆ پەسەندی‌و لوت بەرزی دا وناڕێکن لەدژایەتی ئەو قورئانەدا هەر یەکەو بەشتێکی دادەنێن. ئینجا پەروەردگار دوژمنانی ئەم قورئانە دەترسێنێ‌و دەفەرموێ:

(٣) زۆر گەل‌و وڵاتانمان لەپێش ئەواندا بەهۆی دژایەتیانەوە بۆ پێغەمبەرەکیان لەناو بردوە، جا ئەو کاتە کە سزایان بۆ دەهات هاواریان دەکردو پەشیمان دەبنەوە لەو هەڵس‌و کەوتە نارەوایانەیان بەڵام تازە کاتی پەشیمان بونەوەو ڕزگار بون لەدەست دەرچو بو، جا ئێوەش ژیربن با وەکو ئەوانەتان بەسەر نەیەت.

(٤) بەلایانەوە سەیر بوو کە لەخۆیان ترسێنەریان بۆ هات بوو و بێ باوەڕان دەیان وت: ئەمە جادوگەرەو زۆر درۆزنە. (٥) دەیان وت: ئایا وایە کە ئەو لە جیاتی ئەو هەمو بتانە دەڵێ: تەنها یەك خودا هەیە کە شایستەی پەرستن بێت کە ناوی (ﷲ)یە؟ بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە کە چەندین خودا نەتوانن نیازی ئێمە بەراورد بکەن ،بەڵام یەك خودا بتوانێت نیازی جیهانیان بەراورد بکات؟!

(٦) جا پیاو ماقوڵانیان بەوانی تریان وت: بڕۆن‌و گوێ بەم قسانە مەدەن‌و خۆگرن لەسەر پەرستنی خواکانتان بەڕاستی هەر ئەمەیە ویست‌و ئارەزۆی خوازراو.

(٧) ئێمە ئەمەمان نەبیستوە لە ئایینەکەی تردا، کە ئایینی عیسایە بەڵکو ئەوان دەڵێن: خودا سیانن ئیتر چۆن باوەڕ بەم بکەین کە دەڵێت (ﷲ) یەکەو هاوبەشی نیە؟ بەڕاستی ئەمە هەردەست هەڵبەست‌و دروستکراوە.

(٨) ئایا لەنێوان ئێمەدا لەگەڵ ئەو هەمو سەروەت‌و سامان‌و دەسەڵاتەماندا ئەم قورئانە بۆ سەر ئەو کابرای کەم دەست وبێ هێزە ڕەوانە کراوە؟! نەخێر ئەمانە تەنانەت لەم قورئانەیشدا هەر لە گوماندا بون بەڵکو ئەوان هێشتا سزای منیان نەچەشتوە، ئەگەر بیچەژن جا ئەوسا دەزانن کە ئەمە پێغەمبەرەو ئەم قورئانە ڕاستە بەڵام ئەو زانینە لەو کاتەدا هیچ سودێك بەوان ناگەیەنێت.

(٩) بەڵکو ئایا ئەوان گەنجێنەی بەزەیی‌و نیعمەتی پەروەردگاری بە دەسەڵات‌و بەخشندەی تۆیان لەلایە؟ تا بەکەیفی خۆیان بدەن بەو کەسەی ئارەزۆیان لێیەتی‌و بەرگری بکەن لەوەی کە ئارەزۆیان لێی نیە؟

(١٠) یان نەخێر (پێیان بڵێ) ئایا هەر هی ئەوانە خاوەنیەتی ئاسمانان‌و زەوی و ئەوەیش کە لە نێوانیاندایە؟ دەی ئەگەر وایە سا بە پەیژە سەرکەون بۆ ئاسمان‌و لەوێ نیگا بهێنن بۆ هەر کەسێك کە خۆیان دەیانەوێت، ئاشکرایە کە ئەمەیان لە دەست نایەت.

ٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَا دَاوُۥدَ ذَا ٱلۡأَيۡدِۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿١٧﴾
إِنَّا سَخَّرۡنَا ٱلۡجِبَالَ مَعَهُۥ يُسَبِّحۡنَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِشۡرَاقِ ﴿١٨﴾ وَٱلطَّيۡرَ
مَحۡشُورَةٗۖ كُلّٞ لَّهُۥٓ أَوَّابٞ ﴿١٩﴾ وَشَدَدۡنَا مُلۡكَهُۥ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحِكۡمَةَ
وَفَصۡلَ ٱلۡخِطَابِ ﴿٢٠﴾ ۞ وَهَلۡ أَتَىٰكَ نَبَؤُاْ ٱلۡخَصۡمِ إِذۡ تَسَوَّرُواْ
ٱلۡمِحۡرَابَ ﴿٢١﴾ إِذۡ دَخَلُواْ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنۡهُمۡۖ قَالُواْ لَا تَخَفۡۖ
خَصۡمَانِ بَغَىٰ بَعۡضُنَا عَلَىٰ بَعۡضٖ فَٱحۡكُم بَيۡنَنَا بِٱلۡحَقِّ وَلَا تُشۡطِطۡ
وَٱهۡدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ ﴿٢٢﴾ إِنَّ هَٰذَآ أَخِي لَهُۥ تِسۡعٞ وَتِسۡعُونَ نَعۡجَةٗ
وَلِيَ نَعۡجَةٞ وَٰحِدَةٞ فَقَالَ أَكۡفِلۡنِيهَا وَعَزَّنِي فِي ٱلۡخِطَابِ ﴿٢٣﴾ قَالَ
لَقَدۡ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعۡجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦۖ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلۡخُلَطَآءِ لَيَبۡغِي
بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٍ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَقَلِيلٞ
مَّا هُمۡۗ وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّٰهُ فَٱسۡتَغۡفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّۤ رَاكِعٗاۤ وَأَنَابَ ۩
﴿٢٤﴾ فَغَفَرۡنَا لَهُۥ ذَٰلِكَۖ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلۡفَىٰ وَحُسۡنَ مَـَٔابٖ
﴿٢٥﴾ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَٰكَ خَلِيفَةٗ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱحۡكُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ
بِٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ
عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا نَسُواْ يَوۡمَ ٱلۡحِسَابِ ﴿٢٦﴾

(١١) بەلکو ئەوان سەرباز گەلێکی سوكو بێ نرخن لەناو ئەو کۆمەڵانەداو لەو شوێنو کاتەدا (کە بۆیان دیاری کراوە)و تێشکاون. (١٢) لە پێش ئەوانیشدا گەلی نوحو عادو فیرعەونی خاوەن مێخەکان باوەڕیان نەهێنا بەپێغەمبەرانیان.

(١٣) جا سەمودو گەلی لوتو گەلی شوعەیب(کە خاوەنی باخاتی چڕوپڕ بون) ئەوانەش کۆمەڵە خەڵکێك بون هەمویان باوەڕیان نەکرد بە پێغەمبەری سەردەمی خۆیان.

(١٥) ئەوانە هەر هەمویان پێغەمبەرانی خۆیان بەدرۆ خستوە ئەوسا ئەو تۆڵەیەی کە بۆم دانابون هاتە دی بۆیان .

(١٤) ئەوان هەر چاوەڕوانن تا یەك ڤیژەیان بەسەردا دەکرێت ئیتر بە ئەندازەی دۆشینی وشترێك ماوەیان پێ نادرێت.

(١٦) جا ئەوان بە گاڵتەوە وتیان: ئەی پەروەردگارمان پێش هاتنی ڕۆژی حیساب نامەی کرداری خۆمانمان پێ بدە. جا بۆیە وایان دەوت چونکە حیسابو کیتابیان بەلاوە درۆ بوو، ئینجا پەروەردگار دڵنەوایی پێغەمبەرمانﷺ دەکاتو دەفەرموێ:

(١٧) ئەی محمدﷺ خۆ بگرە لەسەر ئەو دەمەدەمەو قسە ناشرینانەیانو باسی داوودی خاوەن دەسەڵاتی بەندەی ئێمە عليه السلامبکەو بیری لێ بکەرەوە کە ئەو لە هەمو تەنگو چەڵەمەیەکدا هەر ڕوی لە ئێمە دەکردوو چاوی لە یارمەتی ئێمە بو.

(١٨) بێگومان ئێمەش چیاکانمان بۆی مۆتی کرد بوو، جا بە ئێوارانو بە بەیانیان لەگەڵ ئەودا تەسبیحاتیان دەکرد.

(١٩) خۆ باڵندەیشمان بۆی مۆتی کردو هەمویان لەلای کۆ دەبونەوە و بە یادو تەسبیحاتی الله رویان هەرلەو زاتە بو.

(٢٠) جا دەسەڵاتی چاكو بەهێزمان پێداو پێغەمبەریمان پێ بەخشیو تێمان گەیاند کە چۆن قسەی ڕاستو ناڕاست لەیەك جیا بکاتەوەو چۆن قسەکانی خۆیشی وابێ کە خەڵکی بە جوانی لە مەبەستی تێ بگات، پێغەمبەرمان ﷺ لەبارەی داوودەوەعليه السلام دەفەرموێ:{ أحَبَ الَصلَاة الى الله صَلاةُ داود وأحَبَ الصِيَامِ الى اللهِ صِيامُ داوُدَ، كَانَ يَنَامُ نِصفَ اللَيلِ وَيَقُومُ ثُلَثَهُ وَيَنَامُ سُدُسَهُ وَكَانَ يَصُومُ يوماً وَ يُفطِرُ يومًا وَلَا يَفِرُ إذَا لاقَى / متفق عليه/ واتە : خۆشەویسترین نوێژ لەلای الله نوێژی داوودەو خۆشەویسترین ڕۆژیش بەلای الله وە هەر ڕۆژی داوودە کە ئەو تا نیوەی شەو دەخەوتو سێ یەکی شەو بەندایەتیو نوێژی دەکردو شەش یەکی شەو دەخەوت ورۆژێ ڕۆژوی ئەگرت ورۆژێکی نەدەگرت (وەکاتێ لەگەل دوژمندا روبەڕو ببوایەوە هەرگیز پشتی تێ نەدەکرد)/ ئەوەی نێو دوو کەوانە کە لەلای ترمزییەوئەلبانیش بەسەحیحی داناوە. ئینجا پەروەردگار دەفەرموێ:

(٢١) ئایا هەواڵی ئەو خاوەن کێشانەت پێ نەگەیوە کاتێك کە بەبێ تەقەورەقەلە دیواری میحراوبەوە سەرکەوتن ،

(٢٢) ئەو کاتەی کە چونە لای داوود جا ئەو ترسا لێیان کە چۆن ئەمانە توانیویانە بەناو ئەو هەمو یاساوڵانەدا لە دیوارەوە سەرکەونو بێنە لای، جا ئەوانیش کە هەستیان

بەمە کرد وتیان: مەترسە دوو کەسین کێشەمان هەیە کە هەندێکمان ستەممان لە هەندێکمان کردوە ،جا تۆش بەڕاستی لەنێوانماندا بڕیار بدەو ستەم لە کەسمان مەکەو ڕاستە ڕێگامان پیشان بدە

﴿٢٣﴾ بێگومان ئەمە برامەو نەوەدو نۆ سەر مەڕی هەیەو من یەك تاکە مەڕم هەیە جا ئەو وتی: ئەو دانەیش بدە بەمن‌و لە قسەدا بەسەر مندا زاڵبوو تاکە مەڕەکەیشمی برد.

﴿٢٤﴾ داوود ﷺوتی: بەراستی بە داواکردنی ئەو تاکە مەڕەی تۆو لکاندنی بە مەڕەکانی خۆیەوە ستەمی لێ کردویت‌و بێگومان زۆرێك لە هاوبەشەکان هەندێکیان لە هەندێکیان ستەم دەکەن جگە لەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوەو ئەمانەش کەمن، جا داوود دڵنیا بو کە ئێمە تاقی کردوەتەوە لەبەر ئەوە داوای لێ بوردنی کرد لە پەروەردگاری‌و بەگەڕدن کەچیەوەسەری نایە سەر خاك (سوجدەی برد)و پەشیمان بویەوە لەو بڕیارە بەپەلەیەی کە لەگەڵ ئەو دوو خاوەن کێشەدا دای چونکە دەبوو قسەیشی لەوی تریان وەربگرتایە ، ئینجا بڕیاری بدایە، لێرەدا شتی زۆر لەم بارەوە وتراوە بەڵام لە ڕۆحی ئایین‌و ڕواڵەتی ئایەتەکان من ئاوەهای بۆ دەچم والله اعلم.

﴿٢٥﴾ جا لەو بارەوە لێی خوش بوین بە بێگومان ئەو لە نزیکەکانی ئێمەیەو جوانترین پلەو مەقامی هەیە لەڕۆژی دواییدا. لێرەدا سوجدە بردن باشە بەڵام زۆر داکۆکی لەسەر نەکراوە بۆیە زانایان بەلایانەوە وایە لە نوێژدا لەم جێگایەدا سوجدە نابرێت. ئینجا پەروەردگارمان ئەو باسەی داوودﷺ دێنێتە بەرچاوو ڕووی تێ دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٢٦﴾ ئەی داوود بێگومان ئێمە لەم زەویەدا تۆمان پاش خەڵکانی تر داناوەو هێزو دەسەڵاتمان پێداویت، جا تۆش لە نێوان خەڵکدا بەراستی بڕیار بدەو پەیڕەوی هەواو ئارەزۆات نەکەیت ئەوسا ئەوە لە ڕێگای (الله) لات دەدات بێگومان ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای (الله) لادەدەن سزایەکی توندیان بۆ هەیە چونکە ڕۆژی حیسابیان لەبیر چوەتەوە.

وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا ذَٰلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا
فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ ﴿٢٧﴾ أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا
الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي الْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ
﴿٢٨﴾ كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو
الْأَلْبَابِ ﴿٢٩﴾ وَوَهَبْنَا لِدَاوُودَ سُلَيْمَانَ نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ
﴿٣٠﴾ إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِالْعَشِيِّ الصَّافِنَاتُ الْجِيَادُ ﴿٣١﴾ فَقَالَ إِنِّي
أَحْبَبْتُ حُبَّ الْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّي حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِالْحِجَابِ ﴿٣٢﴾
رُدُّوهَا عَلَيَّ فَطَفِقَ مَسْحًا بِالسُّوقِ وَالْأَعْنَاقِ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا
سُلَيْمَانَ وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ ﴿٣٤﴾ قَالَ رَبِّ اغْفِرْ
لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِي إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ ﴿٣٥﴾
فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاءً حَيْثُ أَصَابَ ﴿٣٦﴾ وَالشَّيَاطِينَ
كُلَّ بَنَّاءٍ وَغَوَّاصٍ ﴿٣٧﴾ وَآخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي الْأَصْفَادِ ﴿٣٨﴾ هَٰذَا
عَطَاؤُنَا فَامْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٩﴾ وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ
مَآبٍ ﴿٤٠﴾ وَاذْكُرْ عَبْدَنَا أَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ
بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ ﴿٤١﴾ ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَٰذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ ﴿٤٢﴾

وتراوە کە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك بە ئیبراهیم ی ئەبو زورعەی وتوە: کە تۆ پەڕاوەکانی ترت خوێندوەتەوەو قورئانیش ئایا دەکرێت کە خەلیفە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت؟ دەڵێت وتم: ئەی پێشەوای باوەڕداران قسە بکەم بێ ترس: وتی: بڵێ‌و مەترسە، وتم ئەی پێشەوای باوەڕداران ئایا تۆ لەلای (الله) بەڕێزتری لە داود؟ کە (الله) پێغەمبەرایەتی‌و خەلافەتی پێدابوو پاشانیش هەڕەشەی لێ دەکات و لە پەڕاوەکەی خۆیدا ئەم داستانەی تۆمار کردوەو ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ﴾ ئینجا پەروەردگارمان تێمان دەگەیەنێت کە ئەم جیهانە بە بێهوودە دروست نەکراوە بەڵکو حیساب‌و کیتاب هەیەو دەفەرموێ:

﴿٢٧﴾ جا ئێمە ئاسمان‌و زەوی‌و ئەوەی کە لە نێوانیاندایە بە بێ هوودە دروستمان نەکردوە، ئەوە گومانی ئەو کەسانەیە کە خوا نەناسن، وای بۆ ئەو کەسانەی کە خوا نەناسن بۆ ئەو ئاگرەی کە تێی دەخرێن،

(٢٨) ئایا لای ئێمە وەکو یەکن ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوەو ئەو کەسانەش کە لەم زەویدا خراپەکارن؟ ئایا پارێزکارو گەنە کێڵ وەکو یەك حیساب دەکەین؟ نەخێر شتی وانیەو بۆ هەر کامیان جێگاو پاداشتێکی تایبەت بە کردارەکانی خۆیان هەیە، ئینجا جارێکی تر سرنجمان بەرەو ئەم پەڕاوە بەنرخە رادەکێشێت‌و دەفەرموێ:

(٢٩) ئەمە پەڕاوێکە بەفەڕو پیرۆزە کە ئێمە دامان بەزاندوە بۆ لای تۆ تا لە نیشانەکانی ورد ببنەوەو تا خاوەن عەقڵەکان پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرن، ئینجا پەروەردگار ئەمان باتەوە بۆ داستانی داوودو سلێمانی کوڕی‌و دەفەرموێ:

(٣٠) بەخەڵات سلێمانمان بە داود بەخشی بێگومان سلێمان باشترین بەندەبوو بێگومان ئەو هەمیشە بە زمان‌و بە دڵ لەگەڵ ئێمەدابو.

(٣١) باس بکە ئەو کاتەی ئێوارە کە ئەسپانی ڕەسەن‌و چاك لەبەر چاوی سلێمان ڕاگیرا و بە تەماشا کردنیان رۆژی بردەسەر.

(٣٢) جا وتی: خۆشەویستی ئەم ئەسپ‌و ماڵەم لایدام لە یادی پەروەردگارم تا رۆژم لێ ئاوابوو.

(٣٣) بیانهێننەوە بۆم جا بە شمشێر هات بە قاچ‌و ملیانداو هەموی سەربڕین‌و کردی بە خێر لەتۆڵەی ئەو چەند ساتەی کە خەریك بوو بەوانەوەو یادی (ﷲ)ی لە بیر چوبویەوە.(لێرەدا چەندین مانای تر باسکراوە ئێمە ئەوەمان هەڵبژارد کە بە نزیکترمان زانی ، والله اعلم).

(٣٤) بە حەقیقەت ئێمە سلێمانمان تاقی کردەوەو لاشەیەکمان خستە سەر کورسیەکەیەوە، پاشان ئەو هەر ڕووی لە ئێمە کردوو هەر بۆ لای ئێمە گەڕایەوە .لەفەرمودەی سەحیحدا هاتوە کە پێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی: سلێمان وتی: ئەم شەو ئەچمە لای هەر نەوەد خێزانم وهەر یەکەی کوڕێکی ئەبێت وجیهاد ئەکەن لەرێگای خوادا، جا هاورێکەی پێی وت: بڵێ إن شاءالله، جا ئەویش ئەو زیکرەی لە بیری کردو نەیوت ئینجا بەسەر هەمو ژنەکانیدا گەڕا بەڵام تەنها یەك ژنی سکی پیدا کردکە ئەویش لەتێ منداڵی بو، سوێند بەو کەسەی کە گیانی محمدی بەدەستەئەگەر إن شاءالله ی بکردایە نەوەد منداڵی ئەبوو لەرێگای خوادایشدا جیهادیان دەکرد.

(٣٥) سلێمان وتی: ئەی پەروەرگارم لێم ببورەو دەسەڵاتێکی وەهام پێ ببەخشە کە نەشێ بە کەسی تری بدەیت لەپاش من، بێگومان کە تۆ هەر خۆتیت بەخشندە.

لە فەرمودەیەکدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی :{إنَّ عِفْرِيتاً مِنَ الجِنِّ تَفَلَّتَ عَلَيَّ البَارِحَةَ–أو كَلِمَةً نَحْوَهَا– لِيَقْطَعَ عَلَيَّ الصلاَةَ، فَأمْكَنَنِي اللهُ مِنْهُ، وَأرَدْتُ أنْ أرْبِطَهُ إلَى سَارِيَةٍ مِنْ سَوارِيِ المَسْجِدِ حَتَّى تُصْبِحُوا وَتَنْظُرُوا إلَيْهِ كُلُّكُمْ، فَذَكَرْتُ قَوْلَ أخِي سُلَيْمَانَ: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱغۡفِرۡ لِي وَهَبۡ لِي مُلۡكٗا لَّا يَنۢبَغِي لِأَحَدٖ مِّنۢ بَعۡدِيٓۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ ﴾ فَرَدَّهُ اللهُ خَاسِئًا /الجامع الصغير صححه الالباني/ واتە: بێگومان جنوکەیەکی زەبەلاح کتوپڕ ئەم ئێوارە هێرشی بۆ هێنام(یان وشەیەکی وەکو ئەوە) بۆ ئەوەی نوێژەکەم لێ ببڕێت، بەڵام (ﷲ) زاڵی کردم بەسەریداو گرتم و ویستم بیبەستم بە کۆڵەکەیەك لە کۆڵەکەکانی ئەم مزگەوتەوە تا رۆژ دەکەنەوەو هەموتان بیبینن ،جا قسەی سلێمانی برام کەوتەوە بیر کە وتی ﴿ئەی پەروەردگارم دەسەڵاتێکی وام پێ ببەخشە کە نەشێ بە کەسی تری پاش من ببەخشیت﴾ لەبەرئەوە ئەو جنۆکەیە بێ ئەوەی شتێکی دەست کەوێت خوا گەڕاندیەوە}. جا پەروەردگار دەفەرموێ:

(٣٦) ئینجا ئێمە بامان بۆی ڕام کرد کە بە فرمانی ئەو بەنەرمی دەڕۆیشت بۆ هەر جێگایەك کە مەبەستی بوایە.

(٣٧) جا ئەو شەیتانانەیشمان بۆ ڕام کرد کە هەمویان بینا دروستکەرو مەلەوان بون بۆ ئەنجامدانی فرمانەکانی.

(٣٨) ئەوسا ئەوانی تر کەفەرمانبەرداریان بۆ نەدەکرد پێکەوە بە زنجیر بەندکراو بون‌و لەژێر دەستی ئەودا بون.

(٣٩) پێمان وت: ئەمە بەخششی ئێمەیە بۆت ،جا وتمان: تۆ بە کەیفی خۆت بکە دەی بەخشی یان بۆ خۆتی هەڵدەگریت بێ حیسابە.

(٤٠) جا بێگومان ئەو لەلای ئێمە پلەو پایەی بەرزو جێگای جوانی هەیە، ئینجا پەروەردگار باسی ئەیوب ﷺبەکورتی دەکاتو دەفەرموێ:

(٤١) باسی بەندەی ئێمە ئەیوب ﷺبکە بۆ گەلەکەت ئەو کاتەی کە بانگی کردە پەروەردگاریو وتی: بەڕاستی من شەیتان دوچاری نارەحەتیو سزای کردوم.

(٤٢) ئێمەیش پێمان وت: پێی خۆت بکوتە بە زەویدا، ئەویش پێی خۆی بە زەویدا کوتیو کانیاوێك پەیدا بوو ،جا وتمان: (ئەمە بۆ خۆ شۆردن دەست دەداتو ساردەو بۆ خواردنەوەش دەبێت) کە خۆتی پێ بشۆرەو لێشی بخۆرەوە . بەڵێ بە خواردنەوەی ئەو ئاوەو خۆ شۆردن لێی ئەیوب لەو نەخۆشیە چاك بویەوە.

(٤٣) ئەوسا ئێمە هەموو خاوخێزانیو لەگەڵ ئەوانیشدا ئەوەندەی تریشمان پێ بەخشی کە ئەمە سۆزێکی ئێمە بوو بۆی لەسەر ئەو خۆگریەیو ئامۆژگاریشە بۆ ئەوانەی کە خاوەنی ژیرین، جا ئەیوب ﷺ لەم ماوە زۆرەی کە دوچاری نەخۆشی ببوو هەر تەنها خێزانی بۆ مایەوەو خزمەتی دەکرد، ئەوەبو ڕۆژێك کە بەهۆی هەر شتێکەوەبو لێی تورە بو وتی: ئەگەر (ﷲ) شیفام بدات سەد دارت لێ دەدەم ،جا پەروەردگاری میهرەبان هەر بۆ خۆی لەسەر ئەو ئافرەتە هاتە جواب و بە ئەیوبی پاش چاك بونەوە فەرمو:

(٤٤) جا بەدەستی خۆت چەپکێك گیا بگرە ، جا بەوە لە خێزانەکەت بدەو سوێندی خۆت مەخەو ئازاریش بەو مەگەیەنە بەڕاستی ئەیوبمان دی کە خۆگرو بە حەوسەڵەو باشترین بەندەمان بو ، بێگومان ئەو هەمیشە ڕووی لە ئێمە بوو دیسان پەروەردگارمان. بەکورتی باسی چەندین پێغەمبەری تر دەکاتو دەفەرموێ:

(٤٥) جا باسی بەندەکانی ئێمە ئیبراهیمو ئیسحاقو یەعقوب بکە کە خاوەن دەسەڵاتو ڕۆشن بیربوون.

(٤٦) بەڕاستی ئێمە ئەوانمان هەڵبژاردبوو بە هەڵبژاردنێك بۆ وەبیر هێنانەوەی ڕۆژی دوایی واتە هەمیشە ئامۆژگاری کەری خەڵك بوونو دوارۆژیان دەخستە بیری خەڵکەوە.

وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنَّا وَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ
(٤٣) وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَٱضْرِب بِّهِۦ وَلَا تَحْنَثْ ۗ إِنَّا وَجَدْنَٰهُ صَابِرًا ۚ
نِّعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ (٤٤) وَٱذْكُرْ عِبَٰدَنَآ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ
أُو۟لِى ٱلْأَيْدِى وَٱلْأَبْصَٰرِ (٤٥) إِنَّآ أَخْلَصْنَٰهُم بِخَالِصَةٍ ذِكْرَى
ٱلدَّارِ (٤٦) وَإِنَّهُمْ عِندَنَا لَمِنَ ٱلْمُصْطَفَيْنَ ٱلْأَخْيَارِ (٤٧) وَٱذْكُرْ
إِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ۖ وَكُلٌّ مِّنَ ٱلْأَخْيَارِ (٤٨) هَٰذَا ذِكْرٌ ۚ
وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَـَٔابٍ (٤٩) جَنَّٰتِ عَدْنٍ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ ٱلْأَبْوَٰبُ
(٥٠) مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا يَدْعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ (٥١)
۞ وَعِندَهُمْ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ أَتْرَابٌ (٥٢) هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ
ٱلْحِسَابِ (٥٣) إِنَّ هَٰذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ (٥٤) هَٰذَا ۚ وَإِنَّ
لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ (٥٥) جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ (٥٦) هَٰذَا
فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ (٥٧) وَءَاخَرُ مِن شَكْلِهِۦٓ أَزْوَٰجٌ (٥٨)
هَٰذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ ۖ لَا مَرْحَبًۢا بِهِمْ ۚ إِنَّهُمْ صَالُوا۟ ٱلنَّارِ (٥٩)
قَالُوا۟ بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًۢا بِكُمْ ۖ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا ۖ فَبِئْسَ ٱلْقَرَارُ (٦٠)
قَالُوا۟ رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِى ٱلنَّارِ (٦١)

(٤٧) جابێگومان ئەوانە لەلای ئێمە لە هەڵبژێرراوە زۆر چاکەکان بوون، چونگە هەمویان پێغەمبەرو پەیام رەسێنی الله بوون.

(٤٨) ئەوسا ئیسماعیلو یەسوعو زولکیفلیش(سەلامی خوایان لێ بێ) باس بکە بۆ گەلەکەت تاسودیان لێ وەرگرن خۆ ئەوان هەمویان لە مرۆڤە هەرە چاکەکانمان بون، ئینجا دەچێتەوە سەر ئەم قورئانەو باسی بەهەشتو دۆزەخو کێشەی چاکەو خراپان وبەکورتیو دەفەرموێ:

(٤٩) ئەمە ئامۆژگاریەو بێگومان جیگای جوان هەیە بۆ پارێزکاران.

(٥٠) باخچە گەلی دانیشتن کە دەرگاکانی کراوەیە بۆیان.

(٥١) لەناویدا شانیان داداوەو تێیدا میوەی زۆر بانگ دەکەنو خواردنەوەی زۆریش لە هەرشتێ کە ئارەزۆی بکەن.

(٥٢) جا ئافرەتانێکی قەشەنگ و زۆر کە هەمیشە چاویان لە مێردیانەو هاوتەمەنیانن.

وَقَالُوا مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ الْأَشْرَارِ ﴿٦٢﴾ أَتَّخَذْنَاهُمْ
سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ الْأَبْصَارُ ﴿٦٣﴾ إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ
النَّارِ ﴿٦٤﴾ قُلْ إِنَّمَا أَنَا مُنذِرٌ ۖ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ ﴿٦٥﴾
رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ ﴿٦٦﴾ قُلْ هُوَ نَبَأٌ
عَظِيمٌ ﴿٦٧﴾ أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ ﴿٦٨﴾ مَا كَانَ لِيَ مِنْ عِلْمٍ بِالْمَلَإِ الْأَعْلَىٰ
إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٦٩﴾ إِن يُوحَىٰ إِلَيَّ إِلَّا أَنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٧٠﴾ إِذْ قَالَ رَبُّكَ
لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ
مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ ﴿٧٢﴾ فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ
أَجْمَعُونَ ﴿٧٣﴾ إِلَّا إِبْلِيسَ اسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ ﴿٧٤﴾ قَالَ
يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ ۖ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ
مِنَ الْعَالِينَ ﴿٧٥﴾ قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ ۖ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ
﴿٧٦﴾ قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ ﴿٧٧﴾ وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِي إِلَىٰ يَوْمِ
الدِّينِ ﴿٧٨﴾ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿٧٩﴾ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ
الْمُنظَرِينَ ﴿٨٠﴾ إِلَىٰ يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ ﴿٨١﴾ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ
لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾

﴿٥٣﴾ ئەمە ئەوەیە کە بەڵێنتان پێ دەدرێت بۆ ڕۆژی حیسابو کیتاب.

﴿٥٤﴾ بێگومان ئەمە ڕۆزی ئێمەیە بۆتانو هەرگیز دوا هاتنی بۆ نیە.

﴿٥٥﴾ ئەمە بزانەو هەر ئاوەها بێگومان بۆ سەرکەشان خراپترین جێگا هەیە

﴿٥٦﴾ کە دۆزەخەو دەچنە ناویەوە ئای کە خراپترین جێگایە دۆزەخ،

﴿٥٧﴾ ئەمەش بزانەو ئەوسا با بچێژن ئاوی داخو خوێنو زوخی دۆزەخیان.

﴿٥٨﴾ وەسزای تریش لە وێنەی ئەو کە چەندین جۆرە.

﴿٥٩﴾ ئەمیشە تاقمێکی ترن وەکو خۆتان وبەزۆر لەگەل ئێوەدەخرێنە ناوئاگر جا پێیان دەڵێن: بەخێر نەیەن بێگومان ئەوان خۆیشیان دەچنە ناو ئاگرەوە،

﴿٦٠﴾ بە زۆر لەگەڵخراوانیش وەڵامیان دەدەنەوەو دەڵێن: نە، ئێوە بەخێر نەیەن چونکە هەر ئێوە بوون کە سەرتان لە ئێمە تێکداو ئەم خوا نەناسیەتان کرد بە پیشە بۆمان ئای بەڕاستی ئەم جێگایە خراپترین ئارامگایە بۆ هەمومان.

﴿٦١﴾ دەڵێن: ئەی پەروەردگارم هەر کەسێك ئەم بێ دینیو خوا نەناسیەی گەیاند بە ئێمەو ئێمەی بەم ڕۆژە رەشە گەیاند ، سا تۆ سزای بۆ چەند قات کەرەوە لەناو ئاگردا . بەڵێ بەڕاستی سزا بۆ هەموویان چەند قات دەکرێتەوە، ئەمانە لە دنیادا دژایەتی پەروەردگاریان دەکردو هەر کەس ناوی دەبرد بەسوك تەماشایان دەکرد بەڵام وا ئێستا بەقسەو گوفتاریان هەر (ربنا ،ربنا)یانەو دەیانەوێت لەوێدا بەم وشە جوانە خۆیان پێش بخەنو فرتو فێڵێك لە الله بکەن! دڵنیا بن کە ئەم فرتو فێڵو وشە شیرینە لەوێدا بە کەڵکیان نایەت، بەڵێ، خوا نەناسان لە دنیادا خۆیان بە پیاو چاكو ئاشتی خوازو مرۆڤ دۆستو ماف پاریز دەزانن ، بەڵام موسڵمانان بە خراپە کارو تۆقێنەرو دژ بەمرۆڤ لە قەڵەم دەدەن، ئەوەتا چاوەڕێن کە لە ڕۆژی قیامەتیشدا هەروا بێ کە خۆیان دایانناوە، جا تەماشا بکەنو بزانن چی دەڵێن.

﴿٦٢﴾ خۆ دەڵێن: ئەوە چیمانە بۆ ئێمە لەناو ئەم دۆزەخەدا ئەو پیاوانە نابینین کە ئێمە لە دنیادا بە خراپەکارمان ژماردوون؟

﴿٦٣﴾ ئایا ئێمە گاڵتەو درۆمان لەگەل دەکردن یان ئەوانیش هەر لێرە لەناو دۆزەخدان بەڵام بەچاو نایان بینین؟جا بەم شێوەیە دڵخۆشی خۆیان دەکەن بەڵام زۆر ناخایەنێت کە دەزانن ئەوان وان لەناو بەهەشتو خۆشیو شادمانیداو ئەپاڕێنەوە لێیان کە کەمێ خواردن یان قومە ئاوێکیان بۆ ڕەوانە بکەن بەڵام ئەوان وەڵامیان دەدەنەوەو دەڵێن: بێگومان الله ئەم خواردنو ئاوەی قەدەغەکردوە لە خوانەناسان، لێرەش الله دەفەرموێ:

﴿٦٤﴾ بێگومان ئەوە ڕاستەو کێشەی خەڵکی ناو ئاگری دۆزەخە.

﴿٦٥﴾ ئەی محمد ﷺ بڵێ: من هەر ترسێنەرێکم بۆ ئێوە نە هیدایەتو نە سزاو نە لێ خۆش بوون هیچ کام بەدەست

من نیە، وە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەش نیە بێجگە لە
اللە ﷻ کە یەکەو هاوبشی نیەو زاڵە بەسەر هەمو شتێکدا.
(٦٦) کە ئەو زاتە پەروەردگاری ئاسمانو زەوی‌و ئەوەی کە
لەنێوانیاندایە، کە دەسەڵاتدارو لێ بوردەیە.
(٦٧) ئەی محمد ﷺ بڵێ: ئەم ناردنەی منو پەیامەکەم
هەواڵێکی گەورەیە،

(٦٨) بەڵام ئێوە پشتی تێ دەکەنو ناتانەوێ خۆتان خۆش
بەخت بکەن.

(٦٩) من هیچ زانیاریەکم نیە بەو کێشە گەورانەی کە لە
سەری سەرەوە سەبارەت بە ئادەمو شەیتانو دۆزەخی‌و
بەهەشتییان ڕویداوە .

(٧٠) وەحی نەکراوەتەلای من مەگەر بۆ ئەوەی کە من
ترسێنەرێکی ئاشکرا بم بۆ تان ڕاستو ناڕاستتان بۆ جیا
بکەمەوەو سەرەنجامی هەردووتان پێ بڵێم. جارێکی تر
پەروەردگار بەسەرهاتی ئادەم (سەلامی خوای لێ بێت)و
شەیتانی نەفرین لێکراومان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٧١) باس بکە ئەو کاتەی کە پەروەردگاری تۆ وتی: بە
فریشتەکان من دەمەوێت بەشەرێك لە قوڕ دروست بکەم

(٧٢) جا هەرکاتێك ڕێكو پێکم کردو لەو گیانەی کەخۆم
دەزانم چیەو چۆنە فوم پێدا کرد ئەو کاتە ئێوەش
سوجدەی ڕێزو گەورەیی بۆ ببەن.

(٧٣) بەڵێ پەروەردگار ئادەمی لەقوڕ دروستکردو گیانی تێ
کرد، جا هەموو فریشتەکان سوجدەیان بۆبرد

(٧٤) جگە لە ئیبلیس کە خۆی بە زلزانی‌و لە خوا نەناسان
بوو سوجدەی بۆ ئادەم نەبردو فرمانی خوای باڵا دەستی
شکاند.

(٧٥) فەرموی: ئەی شەیتان چی وای لێ کردی کە تۆ
سوجدە نەبەی بۆ ئەوەی کە بە دەستی خۆم دروستم
کردوە، خۆت بە گەورە زانی یان تۆ لە پایە بەرزان بویت‌و
پێت شەرمە سوجدەی بۆ ببەیت؟ (٧٦) وتی: من چاکترم لە
ئەو منت لە ئاگر دروستکردوەو ئەوت لە قوڕ
دروستکردوە.

(٧٧) فەرموی: دەی دەرچوە لە بەهەشتدا ئەوسا ئیترتۆ
تارێنراوو دورخراوەیت لەنازو نیعمەتی بەهەشتی من
بۆهەمیشە. (٧٨) بێگومان نەفرینی من لەسەر تۆیە هەتا
ڕۆژی قیامەت کە ڕۆژی بەرنامەو ئایینە.

(٧٩) وتی: ئەی پەروەردگارم سا مۆڵەتم بدەو مەمکوژە
هەتا ڕۆژی قیامەت.

(٨٠) فەرموی: ئەوسا تۆ لەوانەی کە کە ماوەیان پێ
دەدرێ.

(٨١) بەڵام ئەو ماوەیە کە پێت دەدرێ بۆرۆژی
زیندوبونەوە نیە بەڵکو هەتا کاتی زانراوە کە کاتی کۆتا
هاتنی ئەم ژیانەی مرۆڤەلەم جیهانەدا.

(٨٢) وتی: سا بە گەورەیت قەسەم هەموویان سەرلێ
دەشێوێنم‌و لەبەندایەتیت لایان دەدەم.
(٨٣) جگە لەو بەندانەت کە بە پاکی بەندایەتیت دەکەنو
ڕاستو دڵسۆزن لەئەنجامدانی فرمانەکانتا. جائەی باوەڕدار
ئاگاداری کارو کۆششی خۆت بە چونکە ئەگەر لە
بەندایەتیدا خۆت یەك لانەکەیتەوە بۆ خوا ئەو کردارانەت
لێ وەرناگرێت ولە فروفێڵی شەیتان پارێزراو نیت.
(٨٤) فەرموی: ئەوسا ئەمە ڕاستە هەر ڕاستیش دەڵێم.
(٨٥) بێگومان دۆزەخ پڕ دەکەم لە تۆو لە ئەوانەی کە
پەیرەوی تۆ دەکەن هەر هەموتان .

قَالَ فَٱلۡحَقُّ وَٱلۡحَقَّ أَقُولُ ﴿٨٤﴾ لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ
مِنۡهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٨٥﴾ قُلۡ مَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُتَكَلِّفِينَ
﴿٨٦﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ ﴿٨٨﴾

سُورَةُ الزُّمَرِ ٣٩ ٧٥

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ ﴿١﴾ إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ
ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ فَٱعۡبُدِ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿٢﴾ أَلَا
لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ
مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ
فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ
كَفَّارٞ ﴿٣﴾ لَّوۡ أَرَادَ ٱللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدٗا لَّٱصۡطَفَىٰ مِمَّا
يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ سُبۡحَٰنَهُۥۖ هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ﴿٤﴾
خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۖ يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ
وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيۡلِۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ
كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمًّىۗ أَلَا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفَّٰرُ ﴿٥﴾

﴿٨٦﴾ ئەی محمد ﷺ بڵێ: لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامە من داوای هیچ پاداشتێك لە ئێوە ناكەمو لەوانەش نیم كە درۆ بەدەم الله وە دەكەن.

﴿٨٧﴾ بەڕاستی ئەو قورئانە هەر پەندو ئامۆژگارییە بۆ جیهانیان

﴿٨٨﴾ جا بەدڵنیاییەوە پاش كەمێك ئەم هەواڵە دەزانن ، واتە: پاش مردن هەموشتتان بۆ دەردەكەوێت. جا لەوێدا بیر ئەكەنەوە كە بیركرنەوەیش لەو كاتەدا هیچ سودێكی نابێ، جا تۆ ئەی مرۆڤی خواناسو ژیركاتی خۆت بەفیڕۆ لەدەست مەدەو ئەم ژیانە كە كێڵگەی پاشەرۆژتە تۆیەكی چاكی تێدا بڕوێنە تا بەرهەمێكی چاك بەدەست بهێنی .

سورەتی زومەر ٣٩ ٧٥

سورەتی زومەر كە سورەتی سیو نۆهەمی قورئانە، لە مەكەدا هاتۆتە خوارەوەو حەفتاو پێنج ئایەتەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی پەنجاو نۆهەمەو پاش سورەتی (سبأ) و پێش (غافر) دابەزیوە. دایكی باوەڕداران عایشە دەڵێت:{كَانَ النَّبِيُّ ﷺ لَا يَنَامُ حَتَّى يَقْرَأَ الزُّمَرَ وَبَنِي إِسْرَائِيلَ /الترمذي، صححه الالباني/ پێغەمبەر نەدەخەوت تا سورەتی زومەرو بەنی ئیسرائیلی نەخوێندایە}

وشەی (زمر) كە بە مانای كۆمەڵ، پێر ، تاقمە تەنها دوو جار لە قورئاندا ئەویش لە ئایەتی حەفتاویەكو حەفتاو سیَی ئەم سورەتەدا هاتوە.

بەناوی الله ی زۆربەسۆز و بێنیهایەت میهرەبان

﴿١﴾ دابەزینی ئەم قورئانە لەلایەن (ﷲ)ی، بە دەسەڵات و داناوەیە.

﴿٢﴾ بێگومان ئێمە ئەم پەڕاوەمان بۆ مەبەستێكی ڕاست ناردوەتە لات ، جا بە چاكی هەر بۆ زاتی (ﷲ) بەندایەتی بكەیت وهەر بۆ ڕێبازی ئەو خۆت یەكلا بكەیتەوە.

﴿٣﴾ ئاگادار بە ئایینی پاك هەر هی (ﷲ)یەو ئەو زاتە تەنها كرداری پاك لە شیرك وەردەگرێت، جا ئەو كەسانەی كە جگە لە ئەو دەكەن بە دۆست بۆ خۆیان ودەڵێن: ئێمە بەندایەتی ئەمانە ناكەین مەگەر بۆئەوەی كە لە خواوە نزیكمان بكەنەوە واتە، موشریكان ئەو شیركەی كە دەیكەن بەتاوانو شیركی نازانن بەڵكو بە عیبادەتو نزیك بونەوە لە (ﷲ) ناوی دەبەن كەواتە بت پەرستان باوەڕیان بە بونو دەسەڵاتی (ﷲ) هەیە بەڵام لە پەرستندا هاوەڵی بۆ دادەنێن بۆیە (ﷲ) ڕقی لێیانەو لێیان خۆش نابێت مەگەر پەشیمان ببنەوە ، بێگومان (ﷲ) لەبارەی ئەوەی كەتێیدا ناكۆكن لەناویاندا بڕیار دەدات، بێگومانیش كە (ﷲ) ڕێنمایی كەسێ ناكات كە ئەو كەسە درۆزنو خوا نەناس بێت واتە: هاوەڵ دانەران بۆ خوا بە كافریش ناو دەبرێن ،چونكە ڕاستی دەشارنەوەو ناڕاستی دەڵێن.

﴿٤﴾ ئەگەر (ﷲ) ئارەزۆی لێ بێت كە منداڵی هەبێ بەڕاستی هەڵی دەبژارد لەوەی كە دروستیكردوە ئەوەی كە خۆی بیویستایە، ئەو پاكو بێ هاوەڵو هاوتایە، ئەو (ﷲ)یە كە خاوەنی هەمو وەسفە جوانەكانەو خاڵیە لە هەمو وەسفێكی ناڕێكو نە گونجاوو پەست، یەكەو هاوسەرو باوك دایكو منداڵی نیە بەهێزە بەسەر هەمو دروستكراوەكانیدا.

﴿٥﴾ (ﷲ) ئاسمانانو زەوی بۆ مەبەستێكی ڕاست دروستكردوە شەو دەپێچێت بەسەر ڕۆژداو ڕۆژش

دەپێچێت بەسەر شەوداو بەدوای یەكدا دەیانسوڕێنێتەوەو بەگوێرەی پێویستی مرۆڤ زیادو كەمیان لەسەر حیسابی یەكتر پێ دەكات. جا خۆرو مانگیشی گەردن كەچ كردوە بۆ خزمەتی مرۆڤ و هەموویان دێنو دەچن تا كۆتایی بە ژیانی ئەم بونەوەرە بێنن كە كاتێكی ناوبراوەو بە تێپەڕبونی ئەم شەوو رۆژە كۆتای بەم جیهانە دێت واتە: هەر چركەیەك كە دەچێت لە تەمەنی ئەم جیهانە كەم دەبێتەوە، ئاگادار بن هەر ئەو زاتە دەسەڵاتدارە بەسەر تەواوی ئەم بونەوەرەداو چاو پۆشی كەرە لە گوناهی بەندەكانی هەر كاتێ بەراستی ڕوی تێبكەنو داوای لێبوردنی لێ بكەن.

(٦) لە یەك كەس دروستیكردون، پاشان لەو كەسەش هاوسەری بۆ دروستكردوە و لە مەڕو ماڵاتیش هەشت جووتی بۆ ناردن، بزنو مەڕو وشترو مانگاو نێرو مێ، لە سكی دایكتاندا دروستیكردون بە دروستكردن پاش دروستكردن، دڵۆپەیەك ئاو پاشان گۆشتپارە، پاشان ئێسقانو پاشان ئێسقانی بە گۆشت داپۆشراو ،
ئینجا هاتنە دنیاوە بەم چەشنەی كە خۆمان بە چاوی خۆمان دەیبینین ئەمەش لە جیهانیكنێك دایە كە خاوەنی سێ تاریكییە: تاریكی لەشو تاریكی ڕەحمو تاریكی منداڵدانو لەو جێگا تەنگو بێ دەرەتانەدا پەروەردگار چۆن بەو سەرو چاوو دەمو لوتو گوێو ملو لاشەو لاقو پەنجەی دەستو پێ و سیماجوانە ڕازاندویەتیەوە، بەڵێ، ئەوە (ﷲ)یە كە پەروەردگارتانە دەسەڵاتو فرمان هەر بۆ ئەوەو جگە لەو كەسی تر شایستەی پەرستن نیە ئیتر بۆچی لەم ڕاستیە لادەدرێن؟!

(٧) ئەگەر ئەم هەمو چاكەی (ﷲ)تان لەبەرچاو نیە سپڵەو خوانەناسن ئەوسا بەبێ شك كە(ﷲ) بێ نیازە لە ئێوەو كوفرو ناسوپاسی ئێوە هیچ شتێك لە دەسەڵاتو هێزی ئەو كەم ناكاتەوە بەڵام ئەو بەو بێ نمەكیوخوانەناسیەی ئێوەڕازی نیەو ڕقیەتی لەو سپڵەیی و بێ خواییەتان بەڵام ئەگەر سوپاسی بكەن ڕازی دەبێت لێتان، وە هیچ كەسێكی تاوانبار تاوانی كەسێكی تر هەڵناگرێت، هەركەس باری خۆی لە ملی خۆیەتی ،

خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ ثُمَّ جَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم
مِّنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖۚ يَخۡلُقُكُمۡ فِي بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ
خَلۡقٗا مِّنۢ بَعۡدِ خَلۡقٖ فِي ظُلُمَٰتٖ ثَلَٰثٖۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ
ٱلۡمُلۡكُۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ ٦ إِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ
ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمۡۖ وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَۖ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ
لَكُمۡۗ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۗ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ٧
۞ وَإِذَا مَسَّ ٱلۡإِنسَٰنَ ضُرّٞ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيۡهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ
نِعۡمَةٗ مِّنۡهُ نَسِيَ مَا كَانَ يَدۡعُوٓاْ إِلَيۡهِ مِن قَبۡلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادٗا
لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦۚ قُلۡ تَمَتَّعۡ بِكُفۡرِكَ قَلِيلًاۖ إِنَّكَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ
ٱلنَّارِ ٨ أَمَّنۡ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ سَاجِدٗا وَقَآئِمٗا يَحۡذَرُ
ٱلۡأٓخِرَةَ وَيَرۡجُواْ رَحۡمَةَ رَبِّهِۦۗ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ
لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٩ قُلۡ يَٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ لِلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٞۗ
وَأَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌۗ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجۡرَهُم بِغَيۡرِ حِسَابٖ ١٠

پاشانیش گەڕانەوەتان هەر بۆ لای منە ، ئەوسا ئەوەی كە كردوتانە پێتان دەڵێم، بێگومان بزانن كە ئەو زانەری ئەوەیە كە لەناو دڵەكاندایەو هیچی لێ ون نابێت نە چاكو نەخراپ. لە فەرمودەدا هاتوە كە (ﷲ) دەفەرموێ: (يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئًا يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئًا /مسلم/
ئەی بەندەكانم بێ گومان ئەگەر لەسەرەتاوە تا كۆتاییتان بە مرۆڤو جنۆكەوە هەموتان وەك پەرهیزكارترین دڵی پیاوێكتان بێ هیچ شتێك لەمولكی من زیاد ناكات ، ئەی بەندەكانم بێ گومان ئەگەر لەسەرەتاوە تا كۆتاییتان بە مرۆڤو جنۆكەوە هەموتان وەك خراپترین دڵی كەسێك لە ئێوە بێت ئەوە هیچ شتێك لە مولكی من كەم ناكاتەوە}.
ئینجا پەروەردگار باسی بێ وەفایی مرۆڤ دەكاتو دەفەرموێت:

(٨) مرۆڤ هەركاتێك دوچاری زیانێك ببێت حاڵی وایە دەگەڕێتەوە لای پەروەردگاریو دەپاڕێتەوە لێی بۆ ئەوەی

قُلْ إِنِّيٓ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿١١﴾ وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ
أَوَّلَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٢﴾ قُلْ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ
﴿١٣﴾ قُلِ ٱللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُۥ دِينِى ﴿١٤﴾ فَٱعْبُدُوا۟ مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِۦ ۗ
قُلْ إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ أَلَا
ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٥﴾ لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ ٱلنَّارِ
وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ۚ ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ ۚ يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ ﴿١٦﴾
وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ ۚ
فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ
أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٨﴾
أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِى ٱلنَّارِ ﴿١٩﴾
لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ لَهُمْ غُرَفٌ مِّن فَوْقِهَا غُرَفٌ مَّبْنِيَّةٌ تَجْرِى
مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ وَعْدَ ٱللَّهِ ۖ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ ٱلْمِيعَادَ ﴿٢٠﴾ أَلَمْ تَرَ
أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَسَلَكَهُۥ يَنَٰبِيعَ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ
يُخْرِجُ بِهِۦ زَرْعًا مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ
يَجْعَلُهُۥ حُطَٰمًا ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢١﴾

که ئەو بارەی لەسەر لابەرێت پاشان هەر کاتێ چاکەی لەگەڵدا بکات زوو خۆی لێ دەگۆڕێو کوردواتەنی "دەڵێیت نەبای دیوەو نەباران" و لەبیری دەچێتەوە کە لەپێشدا لێی پاڕاوەتەوە تا ئەو بارەی لەسەر لابردوەکەچی ئەو هاوەڵ بۆ (ﷲ) دادەنێت تا بەو شێوەیە خەڵکیش لە ڕێگای (ﷲ)لابدات، ئەی محمدﷺ بەو کەسە بڵێ: بەو سپڵەیی‌و بێ باوەڕیتەوە کەمێك ڕابوێرە ، دڵنیابە کە تۆ لە یارانی ئاگریت، بەڵێ ئەوەیە سەر ئەنجامی سپڵەیی‌و بێ دینی، بەڵام پیاوانی چاك‌و بەندەیانی ڕاستەقینەی (ﷲ) هەم کاریان جیایەو هەم پاداشتیش ، وەك دەفەرموێ:

(٩) ئایا ئەو کەسەی کە لە کاتەکانی شەودا مل کەچن‌و لە کاتی سوجدەو وەستاندان و دەترسن لە ڕۆژی دوایی‌و هیوای بەزەیی پەروەردگارشیان هەیە وەك ئەو کەسە وایە کە سپڵەو نمەك نەناس‌و بێ باوەڕەو لەبیری گیرفان پڕدن‌و سك پڕکردندایە؟ بڵێ: ئایا ئەوانەی دەزانن وەکو ئەوانەن کە نازانن؟ بێگومان هەر ئەوەی کە خاوەنی ژیریە بیر دەکاتەوەو بەهرەمەند دەبێت، کەسانی تر مەگەر بمرن ئەوسا بیر بکەنەوە مەخابن لەو بیرکردنەوەیەش.

(١٠) ئەی محمدﷺ بڵێ : پەروەردگارم بەندەکانی بانگ دەکات‌و دەفەرموێت: ئەی ئەو بەندانەم کە باوەڕتان هێناوە لە پەروەردگاری خۆتان بترسن، بۆ ئەو کەسانەی کە لەم دنیادا چاکەیان کردوە لە ڕۆژی دواییدا چاکەیان بۆ هەیە کە بەهەشتە، جا لەدنیادا خۆتان زەبونی بەردەستی خوا نەناسان مەکەن زەویەکەی (ﷲ) فراوانەو کۆچ بکەن بۆ ئەو جێگایەی کە دەتوانن بە ئازادی بەندایەتی (ﷲ)ی تێدابکەن‌و خۆتان ڕاگرن لەسەر ئێش‌و ئازارێك کە لەسەر خوداپەرستی دوچاری دەبن چونکە خۆگران هەر پاداشتێکی بێ ژمارە وەردەگرن.

(١١) ئەی محمدﷺ بڵێ: بێگومان من فەرمانم پێ کراوە کە بەندایەتی (ﷲ) بکەم‌و ئایینم خاوێن بکەمەوە بۆی.

(١٢) جا فرمانم پێ کراوە تا من یەکەم کەسی ئەم گەلە بم بۆ ملکەچی فرمانی پەروردگارم.

(١٣) بڵێ: بێ گومان ئەگەر من سەرپێچی فرمانی پەروەردگار بکەم دەترسم لە سزای ڕۆژێکی گەورە.

(١٤) بڵێ: هەر (ﷲ) دەپەرستم کە بۆ ئەو ئاینم پاك دەکەمەوەو جگە لەوی تێکەڵ ناکەم.

(١٥) ئەوسا ئێتر ئێوە جگە لە(ﷲ) هەرچیتان ئەوێت بیپەرستن. ئەمە هەڕەشەیە نە سەربەخۆی لە پەرستندا. بڵێ: بێ گومان ڕەنجەڕۆ ئەو کەسانەن کە خۆیان‌و کەس‌و کاریان لە ڕۆژی قیامەتدا دۆڕاندوە، بزانە بەڕاستی هەر ئەمەیە ڕەنجەڕۆبونی ئاشکرا.

(١٦) لە ڕۆژی قیامەتدا سێبەری سەریان و پێخەخەڤ ژێریان ئاگرە. ئەمە ئەوەیە کە الله بەندەکانی پێ دەترسێنێ تا دەست لە خوا نەناسی‌و خراپەو تاوان بکێشنەوە، جا بۆیە دەفەرموی: ئەی بەندەکانم لەمن بترسن

(١٧) جا ئەو کەسانەی کە لە پەرستنی سەرکەش‌و یاخی بوان دوور دەکەونەوەو دەگەڕینەوە بۆ لای (ﷲ) مزگێنی هەر بۆ ئەوانە ، سا تۆ موژدە بدە بەو بەندانەم.

(١٨) ئەوکەسانەی کە گوێ لەهەمو قسەیەك دەگرن ئەوسا لەوەیان کە چاکترە پەیڕەوی دەکەن کە قورئان‌و فەرمودە

أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِۦ ۚ فَوَيْلٌ
لِّلْقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢٢﴾
ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ كِتَٰبًا مُّتَشَٰبِهًا مَّثَانِىَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ
جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ
إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن
يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٢٣﴾ أَفَمَن يَتَّقِى بِوَجْهِهِۦ سُوٓءَ
ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ وَقِيلَ لِلظَّٰلِمِينَ ذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ
﴿٢٤﴾ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ
لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٥﴾ فَأَذَاقَهُمُ ٱللَّهُ ٱلْخِزْىَ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ
ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِى
هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا
غَيْرَ ذِى عِوَجٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٢٨﴾ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا فِيهِ
شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا ۚ
ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٩﴾ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ
﴿٣٠﴾ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ ﴿٣١﴾

بەنرخەکانی پێغەمبەرمانەﷺ ئەمانە ئەو کەسانەن که (ﷲ) ڕێنمایی کردون، ئا ئەوانەن کە خۆیان خاوەنی ژیرین‌و شارەزایی‌و تێگەیشتنیان ڕاست‌و ڕەوانە.

(١٩) ئایا ئەوانەی کە باس کران‌و ئەو کەسەی کە بڕیاری سزا بەسەریدا چەسپیوە وەکو یەکن؟ ئەی ئایا تۆ دەتوانیت کەسێ کە لە ناو ئاگردا بێت ڕزگاری بکەیت؟ نەخێر.

(٢٠) بەڵام ئەو کەسانەی کە لە پەروەردگاری خۆیان دەترسن‌و دژایەتی ناکەن ، بەڵکو فرمانەکانی بەچاکی جێ بەجێ دەکەن بۆ ئەوان هۆدە گەلێك هەیە کە لەسەریانەو هۆدەگەلی تر دروستکراوەو لەژێریانەوە چەندین ڕووبار فڕکەی دێت. ئەمە بەڵێنی (ﷲ)یە کە داوێتی بەو پارێزکارانە. کە (ﷲ)یش پێچەوانەی بەڵێنی خۆی ناکات‌و ئەم بەخششە جوان‌و بە نرخانەیان پێ دەدات.

(٢١) ئەی بینەر مەگەر تۆ نەتبینی کە (ﷲ) لە ئاسمانەوە ئاوی دابەزاند ئەوسا لەناو زەویدا کردی بە چاوگەی گەورەو بچوك بەگوێرەی پێویستی خەڵك پاشان بەو ئاوە باخ‌و بێستان‌و کشتوکاڵی ڕەنگاو ڕەنگی سەوز کرد ، پاشان پێیگەیاند ئەوسا تۆ دەبینی زەردەو پاشان دەیکات بە پل‌و پوش ، بەڕاستی ئا لەمەدا ئامۆژگاری‌و پەند هەیە بۆ خاوەن عەقڵان، ئینجا پەروەردگار پاش ئەوەی کە پەڕاوی بونەوەری بەکورتی خستە پێش چاومان، پێناسەی ئەم ئایین‌و پەڕاوە بەنرخەمان بۆ دەکات‌و دەفەرموێ:

(٢٢) ئایا ئەو کەسەی کە (ﷲ) دڵی فرەوان کردوە بۆ ئیسلام ، جا ئەو لەلایەن پەروەردگاریەوە لەسەر ڕوناکی بیت وەك ئەو کەسە وایە کە سەر لێ شێواوو گۆمڕا بێت؟ وای بۆ ئەو کەسانەی کە دڵیان ڕەقە لە یادی (ﷲ) ئەوانە لە گومڕایی ئاشکرادان.

(٢٣) زاتی (ﷲ) جوانترین قسەی ناردوە کە پەڕاوێکەو سورەتەکانی لەیەك دەچن‌و دووبارە کراوەیەو بە خوێندنەوەی پێستی لەشی ئەو کەسانەی کە لە پەروەردگاریان دەترسن موچرکەی پێدا دێت ، پاشان پێستیان و دڵیان نەرم دەبێت بۆ یادی (ﷲ) ئەمەیە ڕێنمای (ﷲ) بۆ هەر کەسێك کە ئارەزۆی لێ بێت ڕێنمایی دەکات‌و هەرکەسێکیش کە (ﷲ) ریگای لێ ون بکات ئیتر هیچ کەسێکی تری نیە کە ڕینمایی بکات. قەتادە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەم ئایەتەی خوێندەوەو وتی: ئەمە وەسفی دۆستەکانی (ﷲ)یە. (ﷲ) وەسفیان دەکات کە ئەمانە بە خوێندنەوەی قورئان موچرکە دەهات بە لەشیانداو چاویان دەگریاو دڵیان ئارام دەبو ، خۆ وەسفیان ناکات بەوەی کە هۆشیان نەدەماو لەخۆ دەچوون بەڵکو ئەم جۆرە ڕەفتارو بۆچونە هەر لەناو خەڵکی بیدعەچی دایە.جا بێگومان ئەمە لە شەیتانەوەیە و خەڵك بەرەو ریایی دەبات‌و کردارە چاکەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە .

(٢٤) ئایا ئەو کەسەی کە لە ناو نازو نیعمەت و سێبەری چڕوپڕو کانیاوو ژیانی خۆش دایە ، وەك ئەو کەسەیە کە لە ناو ئاگردایەو دەیەوێت بە دەم وچاوی ،خۆی لە سزای ڕۆژی قیامەت بپارێزێت‌و ناچاوانی کردوە بە سپێر بۆ پاراستنی خۆی لەئاگر؟ جا بەو ستەمکارانە دەوترێت سزای ئەو کارە ناپەسەندانەی کە کردوتانە بچەژن.

۞ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدْقِ
إِذْ جَآءَهُۥٓ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾ وَٱلَّذِى
جَآءَ بِٱلصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿٣٣﴾
لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ۚ ذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٣٤﴾
لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم
بِأَحْسَنِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٣٥﴾ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ
عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ وَمَن يُضْلِلِ
ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٦﴾ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ ۗ
أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِى ٱنتِقَامٍ ﴿٣٧﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ
مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ
أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ ۚ قُلْ حَسْبِىَ
ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٣٨﴾ قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟
عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَٰمِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾
مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٤٠﴾

(٢٥) ئەوانەی پێش ئەمانەش پێغمبەرانایان بە درۆ خستەوە جا بەهۆی ئەو تاوانەوە سزایان بۆ هات لە جێگایەکەوە کە هەستیان پێ نەکرد تا دای بەسەریاندا.

(٢٦) جا (الله) هەر لە دنیادا تاڵاوی سەرشۆڕی پێ چەژاندن بەڕاستی ئەگەر بزانن سزای ڕۆژی دوای گەورەترەلەم سزای دنیایە

(٢٧) سا بەراستی ئێمە بۆ خەڵکی لەم قورئانەدا لە هەمو نمونەیەك کە پێویست بێت هێناومانە بەڵکو بیر بکەنەوە.

(٢٨) کە ئەمە قورئانێکی عەرەبیەو هیچ ناتەوایەکی تێدا نیە ، بەڵکو ئەوان بیر لە دەسەڵاتی (الله) بکەنەوەو لێی بترسنو پەیڕەوی فرمانەکانی بکەن.

(٢٩) (الله) نمونەیەکتان بۆ باس دەکات: پیاوێك کە چەند کەسی دژ بە یەك سەرپەرشتی بنو هەر کام بۆ خۆی بڕیارێکی بە سەردا بدات و ئەویش نەزانێت بە گوێی کامیان بکات و کام لە خۆی رازی بکات. وە پیاوێکیش تایبەت لەژێر فەرمانی یەك پیاودا بێت و یەك جۆر فەرمانی بەسەردابدات ئایا بارو حاڵی ئەم دوو وێنە وەکو یەکە؟ مرۆڤی یەکەم نمونەی ئەوانەن کە بێجگا لە (الله) . یان مەبەستەو هەر جار لەژێر فرمان وبەرژەوندی لایەکدان و بۆ رازی کردنیان هەمو هەوڵێك دەدن سەرەنجام هەندێکیانی لێ دەرەنجێ. وە مرۆڤی دووهەم نمونەی ئەهلی تەوحیدە کە جگە لە (الله) مەبەستی تریان نیەو رازی کردنی (الله)یش زۆر ئاسانە. جا سوپاس هەر بۆ (الله)یە چونکە هەر ئەوە تواناو داناو خاوەن بەخششو نیعمەتە بەڵام زۆربەیان ئەم ڕاستیە نازانن.

(٣٠) بێگومان تۆ دەمریت ،چونکە هاتن بۆ دنیا تەنها بۆ تاقی کردنەوەیەو زۆر بە پەلە دوایی دێت، خۆ ئەوانیش هەر دەمرن.

(٣١) پاشان بەڕاستی لە ڕۆژی قیامەتدا لەلای پەروەردگارتان کێشەتان دەبێت و لەبەر سەختی سزای ئەو رۆژە هەر کەس ئەویتر تاوانبار دەکات، وە بڕیاری راست لەسەر هەموتان لەوێدا دەدریت ، ئەوسا راستان بەهەشتین وناحەقانیش بەرەو دۆزەخ بەڕێ دەکرێن.

(٣٢) جا کێ ستەمکارترە لەو کەسەی کە درۆ بەدەم (الله) وە بکاتو بڵێ: الله هاوەڵ یان هاوسەر یان منداڵی هەیە، وە بێ باوەڕ بو بێت بەم ڕاستیە کە قورئانە کاتێك کە هاتووەتە لای و بیستویەتی، ئایا دۆزەخ جێگای خوانەناسان نیە؟ دەی بۆ بە باوەڕ هێنان بەم قورئانە خۆیان لەو دۆزەخە ناپارێزن؟

(٣٣) جا ئەو کەسەی کە ئەم قورئانەی هێناوە کە محمدەﷺ ، وە ئەو کەسەی کە باوەڕی پێکردوە هەر ئەوانن پارێزکار، کە سەر قافڵەی باوەڕداران ئەبوبەکری سدیقە(خوالێی رازی بێ).

(٣٤) لەلای پەروەردگاری خۆیان ئەوەی کە بیانەوێت بۆیان هەیە، ئا ئەوەیە پاداشتی چاکەکاران.

(٣٥) تا لە عاقیبەت دا (الله) لە خراپترین کارێك کە کردویانە چاوپۆشی بکاتو پاداشتیان بە چاکتریش لەوەی کە کردویانە بداتەوە.

(٣٦) ئایا (الله)بەس نیە بۆ بە هانا هاتنو یارمەتیدانی بەندەکانی؟ کەچی ئەوان تۆ دەترسێنن بە کەسانی تری

جگە لەو زاتە! خۆ هەرکەسێك کە خوا سەری لێ بشێوێنێ کەسێکی تر نیە ڕێنمایی بکات.

(٣٧) خۆ هەر کەسێکیش کە (ﷲ) ڕینمایی بکات هیچ گومڕاکەرێك ناتوانێت کە سەری لێ تێك بداتو گومڕاهی بکات. ئایا (ﷲ) بەدەسەڵاتو تۆڵەسێن نیە؟ جا کەواتە کەسی لە دەست دەر ناچێتو تۆڵە لە هەمو ستەمکارێك وەردەگرێت.

(٣٨) جا ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت کێ ئاسمانانو زەوی دروستکردوە بەدڵنیایەوە دەڵێن: (ﷲ)، پێیان بڵێ پێم بڵێن ئەگەر (ﷲ) ویستی زیانێکم لێ بدات ئایا ئەوانەی کە جگە لە (ﷲ) دەیانپەرستن دەتوانن ئەو زیانە لابەرن؟ یان ئەگەر ویستی بەزەیی پێمدا بێتەوە ئایا ئەوانە دەتوانن بەرگری لەو بەزەییە بکەن؟ بڵێ: (ﷲ) بەسە بۆم، جا ئەوانەی کەدەیانەوێت پێشتی خۆیان جێگرو پتەو بکەن با هەر بەو پشت ببەستن.

(٣٩) بڵێ: ئەی گەلی من چۆن بۆتان دەکرێت ئیشی خۆتان بکەنو منیش چۆنم بۆ ئەلوێت ئیش دەکەم جا بەم زوانە دەزانن چیتان کردوە.

(٤٠) هەر کەسێك سزای بۆ بێت ئەوا سەرشۆڕی دەکاتو ئەو سزایە لە سەری هەمیشەیی دەبێت.

(٤١) بێگومان ئێمە ئەم قورئانەمان بەڕاستیو بۆ مەبەستێکی ڕەوا ناردە لای تۆ ، ئەوسا هەر کەسێك کە ڕێنمایی وەرگرێت خۆی سودمەندەو هەر کەسێکیش کە گومڕا ببێت ئەوە هەر بەخۆی زیانی گەیاندوەو تۆ زامنی ئەوان نیت. ئەمەش دڵدانەوەیەکە بۆ پێغەمبەرمانﷺ تا بەو دژایەتیەی موشریکان زۆر خەمبارو دڵتەنگ نەبێت. ئینجا پەروەردگار تێمان دەگەیەنێت کە تەنها خۆیەتی ئاڵوگۆڕ لەم بونەوەرەدا دەکاتو دەفەرموێ:

(٤٢) (ﷲ)یە کە گیانەکان وەردەگرێت لەکاتی مردنیدا ، هەروەها ئەو گیانەش کە هێشتا کاتی مردنی نەهاتوە لەکاتی خەوتندا وەری دەگرێت ، جا ئەو گیانەی کە بڕیاری مردنی دراوە لەلای خۆی وەری دەگرێتو نایگەڕێنێتەوە بۆ لەشیو دەیمرێنێت. ئەویتریان بەرەڵا

إِنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ لِلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّۖ فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ
فَلِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيۡهَاۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم
بِوَكِيلٍ ﴿٤١﴾ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا وَٱلَّتِي
لَمۡ تَمُتۡ فِي مَنَامِهَاۖ فَيُمۡسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيۡهَا ٱلۡمَوۡتَ
وَيُرۡسِلُ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ
لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَۚ
قُلۡ أَوَلَوۡ كَانُواْ لَا يَمۡلِكُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَعۡقِلُونَ ﴿٤٣﴾
قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ثُمَّ
إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٤٤﴾ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُ ٱشۡمَأَزَّتۡ
قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن
دُونِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ﴿٤٥﴾ قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضِ عَٰلِمَ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ أَنتَ تَحۡكُمُ بَيۡنَ عِبَادِكَ
فِي مَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴿٤٦﴾ وَلَوۡ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ
مَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفۡتَدَوۡاْ بِهِۦ مِن سُوٓءِ ٱلۡعَذَابِ
يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمۡ يَكُونُواْ يَحۡتَسِبُونَ ﴿٤٧﴾

دەکاتەوە کە دێتەوە لەشی هەتا کاتی دیاری کراوی دێت. بێ گومان ئا لەوەدا چەندین بەڵگە هەیە بۆ ئەو گەلەی کە تێ ئەفکرێن. ئەبو هورەیرە دەڵێت پێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی:{ إِذَا أَوَى أَحَدُكُمْ إِلَى فِرَاشِهِ فَلْيَنْفُضْ فِرَاشَهُ بِدَاخِلَةِ إِزَارِهِ فَإِنَّهُ لَا يَدْرِي مَا خَلَفَهُ عَلَيْهِ ثُمَّ يَقُولُ بِاسْمِكَ رَبِّ وَضَعْتُ جَنْبِي وَبِكَ أَرْفَعُهُ إِنْ أَمْسَكْتَ نَفْسِي فَارْحَمْهَا وَإِنْ أَرْسَلْتَهَا فَاحْفَظْهَا بِمَا تَحْفَظُ بِهِ عِبَادَكَ الصَّالِحِينَ/البخاری/واتە: هەر کاتێك یەکێك لە ئێوە چوو بۆ سەر جێگای خەوتنی با بە دامێنی خۆی ئەو جێگایە بتەکێنێ ، چونکە نازانێ پاش خۆی چی هاتوەتە جێگاکەی پاشان با بڵێت: ئەی پەروەردگارم بەناوی تۆوە شانم دادەدەم، هەر بەناوی تۆیشەوە بەرزی دەکەمەوە، ئەگەر گیانم وەردەگریت دەی ڕەحمی پێ بکەو ئەگەر بەرەڵاشی دەکەیت سا بیپارێزە بەو شێوەیەی کە بەندە چاکەکانت دەپارێزیت} ئینجا پەروەردگار لۆمەی بت پەرستو هاوەڵ دانەران دەکاتو دەفەرموێ:

(٤٣) ئایا بێجگە لە (ﷲ) شتانی تر دەکەن بە تکاکار بۆ خۆتان، پێیان بڵێ: ئایا ئاوا نەزانانە ڕەفتار دەکەنو ئەو

وَبَدَا لَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ
يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٤٨﴾ فَإِذَا مَسَّ ٱلۡإِنسَٰنَ ضُرّٞ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلۡنَٰهُ
نِعۡمَةٗ مِّنَّا قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمِۭۚ بَلۡ هِيَ فِتۡنَةٞ وَلَٰكِنَّ
أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٤٩﴾ قَدۡ قَالَهَا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ فَمَآ أَغۡنَىٰ
عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿٥٠﴾ فَأَصَابَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْۚ
وَٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡ هَٰٓؤُلَآءِ سَيُصِيبُهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ
وَمَا هُم بِمُعۡجِزِينَ ﴿٥١﴾ أَوَلَمۡ يَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ
لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٥٢﴾
۞ قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن
رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ
﴿٥٣﴾ وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ
ٱلۡعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحۡسَنَ مَآ أُنزِلَ
إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ
بَغۡتَةٗ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ﴿٥٥﴾ أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ
عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴿٥٦﴾

بتانه بەشت دەزانن ئەگەر چی ئەوانه خاوەنی هیچ شتێك نین‌و هیچیش نافامن؟

﴿٤٤﴾ بلێ: تکاکاری‌و شەفاعەت هەر هەموی تەنها بەدەست (اللّٰه)یە کە ئاسمانان‌و زەویش مۆڵکێتی پاشان هەر بۆ لای ئەو زاتەش دەبرێنەوە.

﴿٤٥﴾ جا هەرکاتێك یادی (اللّٰه) بە تەنهایی بکرێ‌و هاوار بۆ کەسی تر نەبرێت دڵی ئەو کەسانەی کە بە ڕۆژی دوایی باوەڕ ناهێنن دەشێوێت‌و کۆڕەکەیان بەلاوە ساردەو کەم بایەخە! بەڵام هەر کاتێك یادی کەسانی تری جگە لەو بکرێت کتوپڕ شادو کەیفخۆش دەبن‌و بەیەکتر موژدە دەدەن. بەداخەوە ئەمڕۆ هەرکەس‌و گرۆو تاقم‌و پێرێك ئەوەندەی بە باسی گەورەو شێخ‌و سەرۆك حیزبەکەیان شادمان‌و کەیفخۆشن ئەوەندە بە باسی تاك‌و تەنیای (اللّٰه) کەیفخۆشنین، وە ئەوەندە بەرگری لەوان دەکەن ئەوندە بەرگری لە خواو پێغەمبەرەکەی ناکەن لەهەر کامیش بپرسیت دەڵێ: خواناس‌و موسڵمانم. خۆ ئەم ئایەتە هەردووتای تەرازوەکەی دیارە ، جا بۆ خۆت تەماشای بکەو بزانه تۆ لەکامیانی‌و خۆت مەخەڵەتێنە، مردیت گەڕانەوەت نیە بۆ ئیشکردن‌و پەشیمانیشت بێ سوودە .

﴿٤٦﴾ بلێ: پەروەردگارم، ئەی دروستکەری ئاسمانان‌و زەوی‌و زانەری شاراوەو ئاشکراکان هەر خۆتی کە لەرۆژی دواییدا لەنێوان بەندەکانتا لەو شتەی کە ناڕێکن تێیدا بڕیار دەدەیت.

﴿٤٧﴾ بەڕاستی ئەگەر ئەوەی لەناوی زەویدایە هەموی‌و ئەوەندەی تریشی لەسەر بێت مۆڵکی ئەو کەسانە بێت کە ستەمیان کردوە ئامادەن لە جیاتی سزای خراپی ڕۆژی قیامەتدا بیدەن. دیارە ئەوەیان نیەو ئەگەر ئەوەیشیان ببوایە لێیان وەرنەدەگیراو ستەمکاران هەر دەبێ ئەو سزایە بچەژن ، جا بیربکەنەوە پێش ئەوەی بەو ڕۆژە بگەن. بەڵێ ، لەو ڕۆژەدا ئەوەی کە هیچ حیسابیان بۆ نەدەکردو نەهاتوە بە خەیاڵیاندا هەموی لەلای (اللّٰه) ئاشکرا دەبیت.

﴿٤٨﴾ جا لەو ڕۆژەدا خراپی ئەو کردارانەی کە کردویانە بۆیان دەرکەوت‌و دای بەسەریاندا سزای ئەوەی کە گاڵتەیان پێ دەکرد.

﴿٤٩﴾ ئەوسا ئەو مرۆڤەی کە باسی تەوحیدی (اللّٰه)ی بۆ دەکرا دڵی بەیەکدا دەهات ، هەر کاتێك هەستی بە زیانێك بکردایە هاواری بۆ دەهێنایین پاشان هەر کاتێك لەلایەن خۆمانەوە منەتمان بخستایە سەری‌و بکەوتایە خۆشیەوە دەیوت: ئەم خۆشی‌و نیعمەتە بۆیە پێم دراوە چونکە باش زانراوە کە من شایستەی ئەمەم ، نەخێر وانیە ئەمە پیاو چاکی تۆ ناگەیەنێت بەڵکو تاقیکردنەوەیەکە تا دەرکەوێت ئایا سوپاسی (اللّٰه) دەکرێت یان کوفرو سپڵەی‌و بێ نەمەکی لەگەڵدا دەکرێت بەڵام زۆربەیان ئەم ڕاستیە نازانن.

﴿٥٠﴾ بەڕاستی کەسانی تر پێش ئەوانیش ئەم قسەیان کردوە بەڵام ئەوەی کە کرد بویان‌و ئەوەش کە کۆیان کرد بویەوە سودی بەئەوان نەگەیاند.

﴿٥١﴾ ئینجا دوچاری سزای ئەو خراپانە بون کە کردبویان، لەناو ئەمانەی ئومەتی تۆدا ئەو کەسانەی کە ستەمیان

کردبو بەم زوانە دوچاری سزای ئەو ئیشە خراپانە دەبن کە کردویانەو ناشتوانن ڕێگا لەو سزایە بگرن.

(٥٢) ئایا دەوڵەمەندی بە نیشانەی خۆش بەختیو هەژاری بە نیشانەی بەد بەختی دەزاننو نازانن کە بەڕاستی (الله)یە کە ڕۆزی فرەوان دەکات بۆ هەر کەسێك کە ئارەزۆی لێ بێتو دەیگرێتەوە لە هەر کەسێکیش کە ئارەزۆی لێ بێتو هیچ کەسو هیچ شت نابێ بە بەرپەرچ لە ڕێگای ویستی (الله)دا، دەوڵەمەندیو هەژاری تەنها بۆ تاقیکردنەوەیەو بەدەست (الله)یە، بە بێگومان لەوەدا چەندین بەلگە هەیە بۆ گەلێك کە باوەڕ دەهێنێت، ئینجا پەروەردگاری میهرەبان دەرگای میهرەبانی خۆی دەکاتەوەو گرنگترین موژدە بە مرۆڤ بەتایبەت تاوانباران دەداتو دەفەرموێ:

(٥٣) ئەی محمد ﷺ بڵێ: پەروەردگاری میهرەبان بانگتان دەکاتو دەفەرموێ: ئەی ئەو بەندانەی کە بە کوفرو تاوانو خراپەکاری زیادەڕەویتان کردوە لەسەر نەفسی خۆتان نائومێد مەبن لە سۆزی (الله) بێگومان کە(الله) لە تەواوی گوناهانتان خۆش دەبێت ئەگەر لە هاوبەش دانان بۆ(الله) پەشیمان ببنەوە، بێگومان ئەو هەر خۆیەتی لێ بوردەو بەسۆزە بۆ بەندەکانی. ئای چەند بانگەوازێکی خۆشە وای چەند بەدبەختە ئەو کەسەی کە بە دەم ئەم بانگەوازییەوە نەڕوات، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{ لَوْلَا أَنَّكُمْ تُذْنِبُونَ لَخَلَقَ اللَّهُ خَلْقًا يُذْنِبُونَ يَغْفِرُ لَهُمْ /مسلم وغيره/ ئەگەر ئێوە گوناهتان نەکردایە (الله) دروستکراوێکی تری دروست دەکرد کە گوناح بکەن جا لێیان خۆش ببێت} دیارە مەبەست ئەوەیە کە مروڤ هەر توشی تاوان دەبێت ، جا گرنگ ئەوەیە لەسۆزی پەروەردگاری نائومێد نەبێتو بەباشی بگەڕێتەوە بۆ لای (الله).

(٥٤) سا بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆتانو خۆتان بەو بسپێرن پێش ئەوەی سزاتان بۆ بێت، پاشان کەس بە دەمتانەوە نەیەت.

(٥٥) جا دوای جوانترینی ئەوانە بکەون کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانە کراوە کە قورئانە پێش

أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ اللَّهَ هَدَىٰنِى لَكُنتُ مِنَ الْمُتَّقِينَ (٥٧)
أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِى كَرَّةً فَأَكُونَ
مِنَ الْمُحْسِنِينَ (٥٨) بَلَىٰ قَدْ جَآءَتْكَ ءَايَٰتِى فَكَذَّبْتَ بِهَا
وَاسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ الْكَٰفِرِينَ (٥٩) وَيَوْمَ الْقِيَٰمَةِ
تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا۟ عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ أَلَيْسَ فِى
جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ (٦٠) وَيُنَجِّى اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا۟
بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ السُّوٓءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٦١) اللَّهُ
خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ (٦٢) لَّهُۥ مَقَالِيدُ
السَّمَٰوَٰتِ وَالْأَرْضِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ اللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ
هُمُ الْخَٰسِرُونَ (٦٣) قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّىٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا
الْجَٰهِلُونَ (٦٤) وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ
أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَٰسِرِينَ (٦٥) بَلِ اللَّهَ
فَاعْبُدْ وَكُن مِّنَ الشَّٰكِرِينَ (٦٦) وَمَا قَدَرُوا۟ اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ
وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ الْقِيَٰمَةِ وَالسَّمَٰوَٰتُ
مَطْوِيَّٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ (٦٧)

ئەوەی بە کتو پڕی سزاتان بۆ بێتو ئێوە هەستی پێ نەکەن.

(٥٦) ئەوسا ئەو کەسە بڵێ وای بۆ من لەسەر ئەو کۆتاییو کەمکاریەم کە لە بەرامبەر فەرمانی(الله) کردم و بێگومان من لەو کەسانەش بوم کە گاڵتەیان بەم قورئانو پەیامبەر دەکرد.

(٥٧) جا یان بڵێیت ئەگەر (الله) ڕێنمایی بکردمایە بەڕاستی لە پارێزکاران دەبوم.واتە ئەوانەی کە لەدنیادا زمانیان درێژ دەکەنودەڵێن ئێمە ئازادینو نابێ پەتی ئایین لەملماندابێ لەوێ دەڵێن ئێمە بێ دەسلاّ بویین؟!

(٥٨) یان کاتێك کە سزا دەبینی دەڵێیت ئەگەر جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ دنیا ئەوسا لە پیاو چاکان دەبم. بەراستی پەروەردگار چاك بەندەی خۆی دەناسێت بۆیە لەوەڵامی ئەوانەدا دەفەرموێ: ﴿ئەگر جارێکی تر بگەڕێنرێنەوە بۆ دنیا دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو کارە خراپانەی کە بەرگری کراوە لێیان﴾ئەنعام/٢٨. لێرەش دەفەرموێ:

وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ
إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ
٦٨ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِاْيٓءَ
بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ
٦٩ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ ٧٠
وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا
فُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ
يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ رَبِّكُمْ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ
هَٰذَاۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ
٧١ قِيلَ ٱدْخُلُوٓاْ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئْسَ مَثْوَى
ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ٧٢ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ إِلَى
ٱلْجَنَّةِ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ
خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ٧٣
وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ
نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ٧٤

٥٩ وانیەو تۆش ڕاست ناکەیت بەراستی نیشانەکانی من هاتە لات جا تۆ باوەڕت پێ نەکردو لە خوا نەناسان بویت.

٦٠ جا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانەی کە درۆیان بەدەم (اللَّهُ)وە کردوە ڕوویان ڕەشە، ئایا جێگای لوت بەرزان لەدۆزەخدا نیە؟

٦١ خۆ (اللَّهُ) ئەو کەسانەی کە لێی ترساون بەهۆی ئەو خۆش بەختیەوە کە بەهۆی پارێزکاری خۆیانەوە پێیان دراوە لە تەنگو چەڵەمەو سزای قیامەت ڕزگاریان دەکاتو توشی هیچ ناخۆشیو خراپەیەك نابنو ئەوان ئیتر غەمگین نابن.

٦٢ (اللَّهُ) بەدیهێنەری هەمو شتێکەو هەر زاتی ئەوە کە چاودێرە بەسەر هەمو شتێکدا.

٦٣ کلیلی ئاسمانانو زەوی هەربە دەست ئەوەو ئەو کەسانەی کە بە نیشانەکانی (اللَّهُ)بێ باوەڕن ئەوە هەر ئەوانن ڕەنجەڕۆ.

٦٤ پێیان بڵێ: ئایا پاش ڕون بونەوەی ئەو هەمو ڕاستیانە ئێوە پێم یەژن کە من جگە لە (اللَّهُ)بپەرستم ئەی نەزانان؟

٦٥ ئەوسا بەراستی وەحی کراوە لای تۆ ئەی محمد ﷺ و لای ئەو پێغەمبەرانەیش کە لەپێش تۆدا بون کە: ئەگەر هاوبەش بۆ (اللَّهُ)بگریت دڵنیا بە کە هەمو کردەوە چاکەکانت هەڵدەوەشێتەوە جا تۆش لە ڕەنجەڕۆیان دەبیت.

٦٦ بەڵکو تەنها (اللَّهُ) بپەرستەو لەگەڵ سوپاسگوزاراندا بە.

٦٧ وەك پێویست ڕێزیان لە (اللَّهُ) نەگرتووەو بەچاکی نایناسن، خۆ هەر حەوت زەوییەکان هەمویان لەناو مشتی ئەودان، لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە دەستی ڕاستی ئاسمانەکان دەپێچێتەوە. پاكو بێ عەیبەو بەرزترە لەوەی کە هاوبەشی بۆ دابنێن. دەڵێن: جارێکیان جولەکەیەك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و وتی: ئەی محمد بێگومان کە (اللَّهُ) ئاسمانەکان دەخاتە سەر پەنجەیەکیو هەموو دروستکراوەکانی تریش دەخاتە سەر پەنجەیەکی تریو پاشان دەفەرموێ: من پادشام، جا پێغەمبەر ﷺ پێکەنی تا ددانی پێش خرێی دەرکەوت، پاشان فەرموی: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ﴾ وە لە فەرمودەیەکی تردا هاتوە کە عائیشە (خوالێی ڕازی بێت)پرسیاری ئەم ئایەتەی لە پێغەمبەر ﷺ کردو دەڵێ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەو کاتە خەڵك لەکوێ دەبن؟ فەرموی:{عَلَى جِسرِ جَهَنَّم/ وَفي رواية /عَلَى الصِّرَاطِ يَا عَائِشَة/مسلم/ واتە: لەسەر پردی دۆزەخن، لە ڕیوایەتی تردا هاتوە: ئەی عائیشە لەسەر ئەو ڕێگای پردی دۆزەخن}

٦٨ جا بەفرمانی (اللَّهُ)، کە فووکرا بە کەڵەشاخدا لەلایەن ئیسرافیلەوە ئەو کاتە هەرچی گیانلەبەر هەیە لەناو ئاسمانەکانو لەناو زەویدا بێ هۆش دەبنودەمرن جگە لەوانەی کە (اللَّهُ) ویستی لەسەرمانیانە ، پاشان جارێکی تر فووی پێدا دەکرێت ، ئەوسا دەست بەجێ هەڵدەسنەوە کە بە چاوی خۆیان دەیبینن. ئەبو هورەیرە لەپێغەمبەرەوە هێناویەتی کە فەرمویەتی:{ مَا بَيْنَ

النَّفْخَتَيْنِ أَرْبَعُونَ /البخاري/ کەنێوانی ئەو دوو فوو پێدا کردنە چلە}بەڵام ئەوچلە رون نەکراوەتەوە کە رۆژە یان مانگە یان ساڵ.

(٦٩) ئەوسا زەوی بە ڕوناکی پەروەردگاری شەوق دەداتەوەو نامەی کرەوەکان دادەنرێتو پێغەمبەران (درودی خوایان لێ بێت) دەهێنرێن بۆ ئەوەی شایەتی بدەنو بڵێن کە ئێمە پەیامی (ﷲ)مان بەوان گەیاندوەو شایەتەکانیش دەهێنرێن کە فریشتەی نوسەری چاكو خراپی بەندەکانە ، جا بەڕاستو دادپەروەرانە لە نێوانیاندا بڕیار دەدرێتو ئەوان ستەمیان لێ ناکرێت.

(٧٠) ئەوسا هەمو کەسێك پاداشتی ئەوەی پێ دەدرێت کە کردویەتی، جا خوا خۆی لەهەمو کەس زاناترە کە چی دەکەن.

(٧١) جا ئەو کەسانەی کە خوانەناس بون بەرەو دۆزەخ دەدرێنە بەر پۆڵ پۆڵ تا دەچنە لای، دەرگاکانی دەکرێتەوەو دەرگاوانی دۆزەخ پێیان دەڵێت: ئایا پێغەمبەرانێك لە خۆتان نەهاتنە لاتان کە نیشانە گەلی پەروەردگارتانی بەسەرتاندا خوێندبێتەوەو لە گەیشتن بەم ڕۆژەی ترساندبن؟ وتیان: بەڵێ هاتە لامان، بەڵام وشەی سزا لەسەر خوانەناسان هاتەدیو جێگای خۆی گرت، مەبەست ئەو بڕیارەی (ﷲ)یە کە بە شەیتانی فەرمو:﴿بەراستی دۆزەخ پڕ دەکەم لە تۆو لەوانەش کە پەیڕەوی لە تۆ دەکەن هەموتان﴾صاد/٨٥.

(٧٢) وترا لە دەرگاکانی دۆزەخەوەو بچنە ژوورەوە کە بۆ هەمیشە تێیدا بن ، جا چەند خراپە جێگای خۆبەزلزانان. ئینجا قورئان وەك باوی خۆی پاش باسی خراپان باسی چاکان دەکاتو دەفەرموێ:

(٧٣) جا ئەو کەسانەی کە خۆیان پاراست بو لە سەرپێچی فرمانی پەروەردگاریان پۆل پۆل بەسواری بەرەو بەهەشت دەبرێن تا ئەو کاتەی کە پێی دەگەنو دەرگاکانی دەکرێنەوەو دەرگاوانی بەهەشت پێشوازیان لێ دەکاتو پێیان دەڵێ: درود بۆ ئێوە، پاك کرانەوەو هیچ

وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ
رَبِّهِمْ ۖ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٥﴾

سُورَةُ غَافِرٍ ٤٠ — ٨٥

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿٢﴾ غَافِرِ
ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوْبِ شَدِيدِ ٱلْعِقَابِ ذِى ٱلطَّوْلِ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ
إِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿٣﴾ مَا يُجَٰدِلُ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
فَلَا يَغْرُرْكَ تَقَلُّبُهُمْ فِى ٱلْبِلَٰدِ ﴿٤﴾ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ
نُوحٍ وَٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۖ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍۭ بِرَسُولِهِمْ
لِيَأْخُذُوهُ ۖ وَجَٰدَلُوا۟ بِٱلْبَٰطِلِ لِيُدْحِضُوا۟ بِهِ ٱلْحَقَّ فَأَخَذْتُهُمْ ۖ
فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ ﴿٥﴾ وَكَذَٰلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى
ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٦﴾ ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ
وَمَنْ حَوْلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِۦ وَيَسْتَغْفِرُونَ
لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَىْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا
فَٱغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا۟ وَٱتَّبَعُوا۟ سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿٧﴾

ناپوختیەکتان پێوە نەماوە ، جا بچنە ناو بەهەشتەوەو بۆ هەمیشە تێیدا بن.

(٧٤) ئەوانیش دەڵێن: تەواوی سوپاس هەر شایستەی (ﷲ)یە ئەو زاتەی کە بەڵێنی خۆی هێنایە دی بۆمان، وە ئەم زەویەی پێداین کە لە هەر کوێدا ئارەزۆمان لێ بێت تێیدا دادەنیشین، وای چەند چاکە پاداشتی ئیشکەرانی ڕاستەقینە. لە فەرمودەدا هاتوە کە: { أَنَّ مَا بَيْنَ مِصْرَاعَيْنِ مِنْ مَصَارِيعِ الْجَنَّةِ مَسِيرَةُ أَرْبَعِينَ سَنَةً وَلَيَأْتِيَنَّ عَلَيْهَا يَوْمٌ وَهُوَ كَظِيظٌ مِنَ الزِّحَامِ /مسلم/ پانایی هەر دەرگایەك لە دەرگاکانی بەهەشت چل ساڵ ڕێگایەو ڕۆژێ دێت کە لەبەر زۆری خەڵك قەرەباڵغ دەبێت.

(٧٥) جا فریشتەکانیش دەبینیت کە لە چواردەوری عەرشدا دەخولێنەوەو لەگەڵ سوپاسی پەروەردگاریان بە پاكو بێ عەیبی یادی دەکەن ئەوسا لەنێوانیاندا بەڕاستی فرمان دراوو بێژرا تەواوی سوپاس شایستەی (ﷲ)یە کە پەروەردگاری جیهانیانە.

رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّٰتِ عَدْنٍ ٱلَّتِى وَعَدتَّهُمْ وَمَن صَلَحَ
مِنْ ءَابَآئِهِمْ وَأَزْوَٰجِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ ۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ
ٱلْحَكِيمُ ﴿٨﴾ وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ۚ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ
يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُۥ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٩﴾ إِنَّ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُنَادَوْنَ لَمَقْتُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ
أَنفُسَكُمْ إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى ٱلْإِيمَٰنِ فَتَكْفُرُونَ ﴿١٠﴾
قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا ٱثْنَتَيْنِ فَٱعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا
فَهَلْ إِلَىٰ خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ ﴿١١﴾ ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِىَ
ٱللَّهُ وَحْدَهُۥ كَفَرْتُمْ ۖ وَإِن يُشْرَكْ بِهِۦ تُؤْمِنُوا۟ ۚ فَٱلْحُكْمُ لِلَّهِ
ٱلْعَلِىِّ ٱلْكَبِيرِ ﴿١٢﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُنَزِّلُ
لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزْقًا ۚ وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾
فَٱدْعُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾
رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ذُو ٱلْعَرْشِ يُلْقِى ٱلرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن
يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ لِيُنذِرَ يَوْمَ ٱلتَّلَاقِ ﴿١٥﴾ يَوْمَ هُم بَٰرِزُونَ ۖ لَا يَخْفَىٰ
عَلَى ٱللَّهِ مِنْهُمْ شَىْءٌ ۚ لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ۖ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿١٦﴾

٤٠ سورەتی غافر ٨٥

سورەتی غافر کە سورەتی چل هەمی قورئانە ،لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، هەشتاو پێنج ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی شەستەمەو پاش سورەتی (الزمر) و پێش (فصلت) دابەزیوە، کەواتە پێش هەمو سورەتە "حا میم"ـەکان دابەزیوە. وشەی ﴿غَافِرِ﴾ واتە داپۆشەرو لێبوردە لە گوناه، یەکێکە لەناوە بەرزەکانی پەروەردگار کە بەم کیشە لە قورئاندا یەکجار لە ئایەتی سێهەمی ئەم سورتەدا هاتوە، هەروەها ئەم سورەتە بەم ناوانەش دەناسرێت: (المؤمن، الطَّوْل)

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆز و بێنیهایەت میهرەبان

(١) حا، میم.

(٢) دابەزینی ئەم پەڕاوە کە قورئانە لەلایەن (ﷲ)ی دەسەڵاتداری زۆر زاناوەیە کە خاوەنی ئەم وەسفانەیە،

(٣) چاوپۆشی کارە لە گوناحو وەرگری تەوبەو پەشیمانیەو تۆڵەی سەختەو خاوەن بەخشش‌و کەرەمی زۆرەو جگە لەو هیچ پەرستراوێکی تری ڕاستەقینە نیە، سەر ئەنجام گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئەوە.

(٤) جگە لەو کەسانەی کە خوا نەناسن کەسی تر لەبارەی نیشانەکانی (ﷲ) وە دەمە قاڵێ ناکات ، جا هاتوچویان بۆ وڵاتان با تۆ نەخەڵەتێنێ، چونکە ئەمە شتێکی کەمەو سەرئەنجامیان نەمان‌و چونە ناو ئاگرە.

(٥) پێش ئەم گەلەی تۆ گەلی نوحو پارتەکانی تری پاش ئەوانیش باوەڕیان نەکرد بە پێغەمبەرەکانیانو هەمو گەلێکیش نیەت‌و هەڵوێستی خراپیان هەبوە لەگەل پێغەمبەری خۆیاندا بە گرتن‌و بەکوشتن‌و بە قسەی پوچیش کێشەیان لەگەڵدا کردوون بۆ ئەوەی ڕاستی بشکێنن ، ئەوسا من گرتومن‌و تۆڵەم لێ سەندون ، جا بزانە چۆن بوە تۆڵەی من بۆ ئەو گەلە ناپەسەندە؟

(٦) خۆ بەڵێنی پەروەردگاری تۆ هەر ئاوەها لەسەر خوانەناسان هاتەدی، بێگومان ئەوانە یارانی ئاگرن و دۆزەخیین.

(٧) ئەو فریشتانەی کە عەرشیان هەڵگرتوەو ئەوانەش کە لە چواردەوریدان پەروەردگاری خۆیان بە پاك‌و بێ عەیب وەسف دەکەن لەگەڵ سوپاس کردنیداو باوەڕیان بەو هەیەو داوای لێبوردن دەکەن بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو. دەڵێن . ئەی پەروەردگارمان بەزەیی تۆ هەمو شتێکی گرتوەتەوەو زانیاریەکەیشت زۆرەو هەمو شت دەزانیت ، سا ببورە لەو کەسانەی کە پەشیمان بونەتەوە لە تاوان‌و شوێن ڕێگاکەی تۆ کەوتون‌و لە سزای دۆزەخ بیانپارێزە.

(٨) ئەی پەروەردگارمان هەروەکو لێیان دەبوریت بیانخەرە ناو ئەو باخاتە هەمیشەییەی کە بەڵێنت پێداون‌و ئەو کەسانەی کە چاکە کار بون لە باو باپیران‌و

هاوسەران‌و منداڵ‌و نەوەکانیانیشیان بەڕاستی تۆ خۆتیت دەسەڵاتدار بەسەر هەمو شتێکداو لێزانیت لە کاروباریان.

(٩) سا لە خراپە بیانپارێزەو چاوپۆشیان لێ بکە، خۆ هەر کەسێك لەو ڕۆژەدا لە تۆڵەی خراپە پاراستت بەڕاستی بەزەییت بەودا هاتوەتەوەو ڕەحمت پێ کردوە، وە ئەوەش هەر خۆی سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئەوان. جا تەماشا بکەن کە فریشتەکان بۆ ئێمەی باوەڕدار دەپاڕێنەوەو داوای لێبوردن‌و بەهەشتمان بۆ دەکەن‌و دەپاڕێنەوە لە خوا لە ئاگری دۆزەخ دورمان بخاتەوە ، ئەی بۆ ئێمە خۆمان ئەوەندەی ئەوان ناپاڕێینەوەو خەمی خۆمان ناخۆین؟! لە فەرمودەدا هاتوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: {إذا دَعَا المُسلم لِأخِيهِ بِظَهر الغَيبِ قَال المَلَكَ:آمِين، وَلَكَ بِمِثلِهِ/مسلم/ هەر کاتێك موسڵمانێك لەپاش ملە دوعای کرد بۆ برای ئایینی خۆی ئەو فریشتەی کە مەئمورە دەڵێت: خودایە لێی وەرگرەو بۆ تۆش ئەی موسڵمانەکە هەر بە وێنەی ئەو بێت}.

(١٠) بێگومان ئەو کەسانەی کە خوایان نەناسیوە لەلایەن فریشتەکانەوە بانگ دەکرێن‌و پێیان دەڵێن: بەڕاستی توڕەیی (الله)لە مرۆژەدا گەورەترە بۆ ئێوە لە توڕەیی خۆتان لە ئایین‌و پێغەمبەرﷺ ئەو کاتەی کە بانگ دەکران بۆ باوەڕ کەچی ئێوە سپڵەو نمەك نەناس‌و بێ باوەڕبون.

(١١) دەڵێن: پەروەردگارمان تۆ دووجار ئێمەت مراندوەو دوو جاریش زیندوت کردینەوە ،جا دان بە گوناهی خۆمان دادەنێین دەسا هیچ ڕێگایەك هەیە بۆ دەرچون لەم ئاگرەو گەڕانەوە بۆ دنیا؟ وەڵامیان: نەخێر، تازە گەڕانەوە نیە.

(١٢) ئەو سزایەی کە ئەمڕۆ تێیدان بەهۆی ئەویە کە هەر کاتێك (الله) بەتەنهایی بانگ بکرێت ئێوە بێ باوەڕ دەبن پێی، خۆ ئەگەر هاوەڵی بۆ دابنرێت باوەڕ دەکەن ، جا بڕیار هەر بۆ(الله)ی باڵادەست‌و گەورەیە.

(١٣) (الله) ئەو زاتەیە کە نیشانەکانی خۆیتان نیشان دەدات‌و لە ئاسمانەوە ڕۆزیتان بۆ دەنێرێت بەهۆی بارانەوە ، بە لام بیر ناکاتەوەو سود لەم ڕاستیانە وەرناگرێت جگە لەو کەسەی کە بەرەو (الله) بگەڕێتەوەو هەر ڕەزامەندی ئەوی مەبەستبێ.

(١٤) دەی ئێوەش بە دڵپاکیەوە (الله) بیپەرستن وخۆتان یەکلا بکەنەوە بۆی هەرچەند خوانەناسانیش پێیان ناخۆش بێت. لە فەرمودەدا هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پاش هەمو نوێژە فەرزەکان دەیفەرمو:{لا إله إلّا الله وَحدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ المُلكُ وَلَهُ الحمد، وَ هُوَ عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِير، لَا حَول وَلَا قُوَةَ إلَّا بِالله، لا إله إلَّا الله وَلَا نَعبُدُ إلَّا إيَاه، لَه النِعمَةُ وَ لَهُ الفَضل، وَلَهُ الثَنَاءُ الحَسَنُ، لا إله إلَّا الله مُخلَصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَو كَرِهَ الكَافِرُوْن/ مسلم ، احمد/ جگە لە (الله) هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیەو تەنهایەو هاوبەشی نیە، دەسەڵات وهێز هەرهی ئەو زاتەیەو هەر بۆ ئەوە سوپاس‌و بەسەر هەمو شتێکدا توانای هەیەو هیچ گۆڕێنەرێك‌و هیچ توانایەك نیە مەگەر بە (الله)، هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە جگە لە (الله)و هەر ئەو دەپەرستین نیعمەت‌و ڕێز هەر مولکی ئەوەو هەر بۆ ئەوە سوپاسی جوان، هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە جگە لە (الله) وهەر بۆ ئەویشە ئایینی بێ غەل وغەش هەر چەند خوانەناسانیش پێیان ناخۆشبێت}

(١٥) پلەو مەقامی زۆربەرزە، خاوەنی عەرشە هەندێك لەفرمانی خۆی کە مایەی ژیانی سەربەستانەی دنیاو قیامەتە دەنێرێت بۆ کەسێك کە ئارەزۆی لێ بیت لە بەندەکانی بۆئەوەی خەڵك بترسێنێ لەو ڕۆژەی کە رۆژی بەیەك گەیشتنە، مرۆڤ وکردارەکانی، خەڵکی ئاسمان‌و زەوی، عابیدو مەعبود، راست وناراست، ستەم لێکراوو ستەمکار.

(١٦) ئەو ڕۆژەی کە ئەوان دێنەدەرەوەو ئاشکرا دەبن وهیچیان لە (الله) ناشارێتەوە، جارچی جاڕ دەدات و دەڵێت: ئەمڕۆ دەسەڵات بەدەست کێیە؟ وەڵام دەدرێتەوە، دەسەڵات تەنها بەدەست (الله)ی تاك وزاڵ بەسەر هەمو شتێکدایەو کەسی تر هیچی لە دەستدانیە. لەفەرمودەدا هاتوەکە لەرۆژی قیامەتدا خوای باڵادەست دەفەرموێ: {أنَا

ٱلْيَوْمَ تُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ ۚ لَا ظُلْمَ ٱلْيَوْمَ ۚ إِنَّ
ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٧﴾ وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ ٱلْـَٔازِفَةِ إِذِ ٱلْقُلُوبُ
لَدَى ٱلْحَنَاجِرِ كَٰظِمِينَ ۚ مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلَا شَفِيعٍ
يُطَاعُ ﴿١٨﴾ يَعْلَمُ خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِى ٱلصُّدُورُ ﴿١٩﴾
وَٱللَّهُ يَقْضِى بِٱلْحَقِّ ۖ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقْضُونَ
بِشَىْءٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿٢٠﴾ ۞ أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى
ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ مِن قَبْلِهِمْ ۚ
كَانُوا۟ هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ
بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ ﴿٢١﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ
كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَكَفَرُوا۟ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ ۚ إِنَّهُۥ
قَوِىٌّ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢٢﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا
وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٢٣﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَقَٰرُونَ
فَقَالُوا۟ سَٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٢٤﴾ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْحَقِّ مِنْ
عِندِنَا قَالُوا۟ ٱقْتُلُوٓا۟ أَبْنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ وَٱسْتَحْيُوا۟
نِسَآءَهُمْ ۚ وَمَا كَيْدُ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ ﴿٢٥﴾

الْمَلِكُ أَيْنَ مُلُوكُ الْأَرْضِ/البخاري/ منم پادشا کوا پاشاکانی زەوی؟}.

(١٧) هەر ئەمڕۆ هەمو کەسێك پاداشت دەدرێتەوە بەگوێرەی ئەو کارو کۆششەی کە کردویەتی چاك بە چاكو خراپیش بەخراپ، وە ئەمڕۆ هیچ جۆرە ستەمێك نیە، بێگومان کە (ﷲ)لە حیسابدا بە پەلەیە.

(١٨) جا لەو ڕۆژە نزیکە کە قیامەتە بیانترسێنە ، ئەو کاتەی کە دڵەکان دێنە قورگ لە ترساو هەموویان هەر پیش دەخۆنەوە لە داخو خەمدا، جا بۆ ستەمکاران لەو ڕۆژەدا نەخزمو دۆستێك هەیەو نە تکاکارێکی بەگوێکراو.

(١٩) (ﷲ)دەزانێت بەخیانەتی چاوە خیانەتکارەکانو بەنەوەیش کە دڵەکان دا یەو نەیاندرکاندوەو کەس پێی نەزانیوە.

(٢٠) وە(ﷲ) بەڕاستی بڕیار دەداتو ئەو کەسانەی کە دەیانپەرستن بێجگە لە ئەو هیچ شتێکیان لەدەست نایەت، بەبێ شك کە (ﷲ)بیسەری هەمو قسەو گوفتارێکەو بینەری هەمو کردارێکە. بیربکەرەوە کەهەمیشە ئاوا چاودێرێکت لەسەرە.

(٢١) ئایا هەروا بێ ئاگانو بەناو ئەم زەویدا نەگەڕاون ،جا تەماشا بکەن و بزانن کە پاشەرۆژی ئەو کەسانەی کە لەپێش ئەواندا بووە چۆنی بەسەرهاتوە کە ئەوان لەم موشریکانەی ئێستایش بەهێزتر بون و شوێنەواریشیان لەم زەویدا لەمان زیاترو بتەوتر بووە ،جا (ﷲ) بەهۆی گوناهەکانیانەوە تۆڵەی لێ سەندنو هیچ کەسێکیان نەبوو کە لە تۆڵەی (ﷲ) دەربازیان بکات، دەی ئێوەش ئەی ئوممەتی محمد ﷺ جا تا ئاوا ڕۆژێك یەخەی نەگرتون با بەرەو پەروەردگاری خۆتان بگەڕێنەوەو خۆتان لە خۆ پەرستی ودنیا پەرستی رزگار بکەن.

(٢٢) ئەو سزایەش لەبەر ئەوەبو کە ئەوان پێغەمبەرانیان بە بەڵگەی ڕۆشنەوە بۆ هات ، بەڵام ئەوان باوەڕیان پێ نەکردن ، ئەوسا ئێمەش تۆڵمان لێ سەندن بەڕاستی ئەو زاتە بە هێزەو تۆڵەی توندە. ئینجا پەروەردگار هەندێ لە بەسەرهاتی موسا عليه السلام لەگەڵ فیرعەونو دارو دەسەتەکەی بۆ ئەم گەلە باس دەکات تا زیاتر خووڕەوشتی دوژمنانی ئایین بناسنو فێری نەترسیو حەق وێژیمان بکاتو دەفەرموێ:

(٢٣) بەراستی ئێمە موسامان بە نیشانە گەلی خۆمانو بەلگەی ڕۆشنەوە ڕەوانە کرد.

(٢٤) بۆلای فیرعەونو هامانو قارون، جا کاتێك کە قسەی لەگەڵدا کردن وتیان: جادوگەرێکی زۆر درۆزنە.

(٢٥) جا کاتێك بەو ڕاستیەی کە لە لایەن ئێمەوە پێیگەیشت بوو هاتە لایان وتیان: کوڕانی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێ هێناوە بکوژن وکچانیان دەست لێ مەدەن ، ئەویش بۆخزمەت پێکردنو داوێن پیسی وسەرشۆڕکردنی نەوەی ئیسرائیل ، جا پەروەردگار دەفەرموێ: فڕوفێڵی

وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِيٓ أَقْتُلْ مُوسَىٰ وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ إِنِّيٓ أَخَافُ
أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي ٱلْأَرْضِ ٱلْفَسَادَ (٢٦)
وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ
لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ (٢٧) وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ
فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَٰنَهُۥٓ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ
ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْ وَإِن يَكُ كَٰذِبًا
فَعَلَيْهِ كَذِبُهُۥ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِي
يَعِدُكُمْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ (٢٨) يَٰقَوْمِ
لَكُمُ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ظَٰهِرِينَ فِي ٱلْأَرْضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ
بَأْسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا قَالَ فِرْعَوْنُ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ
أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ (٢٩) وَقَالَ ٱلَّذِيٓ ءَامَنَ يَٰقَوْمِ إِنِّيٓ
أَخَافُ عَلَيْكُم مِّثْلَ يَوْمِ ٱلْأَحْزَابِ (٣٠) مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ
وَعَادٍ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعِبَادِ (٣١)
وَيَٰقَوْمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ ٱلتَّنَادِ (٣٢) يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ
مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ (٣٣)

خوا نەناسان جگە لە سەر لێشێواوی شتێکی تر نیەو سەر ئەنجامی ستەمکاران‌و خوا نەناسان هەر تێشکان و تیاچونە.

(٢٦) جا فیرعەون وتی: وازم لێ بێنن با موسا بکوژم ، جا با بانگ بکاتە پەروەردگاری خۆی، بێگومان من دەترسم کە موسا دینەکاتان بگۆڕێت یان لەم زەویدا خراپە بڵاو بکاتەوە، بەڵێ ئەوە قسەی پیاو خراپان‌و ستەمکارانە لە هەمو سەردەمێکدا تەماشا بکەن فیرعەون خۆی سەرتاپای لوت بەرزی‌و خوێن مژی‌و خراپەکارییە وا ئێستا فرمێسکی تیمساحی دەرژێنێ بۆ خەیرو خۆشی گەلەکەی‌و ئایینەکەیان، ئاڵێ کورسیم لە مەترسیدایە، دەڵێت گەل لە مەترسیدایە، ئایینتان لە مەترسیدایە؟! وتراوە"ئەمرۆ زۆر لە دوێنێ دەچێت"

(٢٧) جا موسایش ﷺ وتی: بێگومان من بە پەروەردگاری خۆم‌و ئێوە پەنا دەگرم لە شەڕی هەموو خۆبەزلزانێك کە باوەڕی بە ڕۆژی قیامەت‌و حیساب نەبێت.

(٢٨) جا پیاوێکی باوەڕدار لە ئالی فیرعەن کە لەترسی ستەمی فیرعەون باوەڕداری خۆی دەرنەخست بوو، ناتوانێ لەم ستەمە گەورەی فیرعەون بێ دەنگ بێت وتی: پیاوێك دەکوژن کە دەڵێت: پەروەردگارم (ﷲ)یەو بەڵگەی ڕۆشنی لە پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون‌و ئەگەر ئەو درۆزن بێت ئەوە سزای درۆکەی هەر بۆ خۆیەتی‌و ئەگەر ڕاستیش بکات هەندێ لەو شتانەی کە هەڕەشەی پێ دەکات لێتان دوچارتان دەبیت، بەڕاستی (ﷲ) ئەو کەسەی کە زیادەڕەوەو درۆزنە ڕێنمونی ناکات بۆ ڕێگای ڕاست‌و هەرگیز خۆشبەخت نابێت. لە فەرمودەدا هاتوە لەعوروەی کوڕی زوبەیرەوەکەوتی: لەبارەی سەخت ترین شتێك کە بت پەرستان بە پێغەمبەری خوایان ﷺ کردبێت لە عەبدوڵای کوڕی عەمرم پرسی وتی:{ رَأَيْتُ عُقْبَةَ بْنَ أَبِي مُعَيْطٍ جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ وَهُوَ يُصَلِّي فَوَضَعَ رِدَاءَهُ فِي عُنُقِهِ فَخَنَقَهُ بِهِ خَنْقًا شَدِيدًا فَجَاءَ أَبُو بَكْرٍ حَتَّى دَفَعَهُ عَنْهُ فَقَالَ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَنْ يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ وَقَدْ جَاءَكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ مِنْ رَبِّكُمْ/البخاری/ دیم کە عوقبەی کوڕی ئەبو موعەیت هات بۆلای پێغەمبەر ﷺکە نوێژی دەکرد جا بەرماڵکەی خستە گەردنی‌و تاساندی بەتاساندنێکی زۆرتوند، جا ئەبوبەکر هات‌و پاڵی پێوە ناو لەسەری لای برد، ئینجا وتی: پیاوێك دەکوژن کە دەڵێت: پەروەردگارم (ﷲ)یەو بەڵگەی ڕۆشنی لە پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون؟!}.

(٢٩) ئەی گەلی من ئەمرۆ دەسەڵات هی ئێوەیەو زاڵن لەسەر ئەو زەویەدا ، جا ئەگەر سزای (ﷲ) هات کێ یارمەتیمان دەدات بۆ ڕزگاربونمان؟ فیرعەون وتی: هیچ شتێك پیشانی ئێوە نادەن مەگەر ئەوەی کە خۆم بەچاکی دەزانم‌و ڕێنمونیتان ناکەم مەگەر بۆ ڕێگای چاك‌و ڕاست.

(٣٠) جا ئەو کەسەی کە خواناس بو وتی: ئەی گەلی من بەڕاستی من لێتان دەترسم لە وێنەی ڕۆژی پارتەکان.

(٣١) وەکو نەریتی گەلی نوح‌و عادو سەمودو ئەو کەسانەش کە لە پاش ئەواندا هاتن، چییان بەسەرهات ئەوەش بەسەر

وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ
مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ
مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ
مُّرْتَابٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ
أَتَىٰهُمْ ۖ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ
يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ ﴿٣٥﴾ وَقَالَ فِرْعَوْنُ
يَٰهَٰمَٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَٰبَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبًا ۚ
وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ۚ
وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ ﴿٣٧﴾ وَقَالَ ٱلَّذِىٓ
ءَامَنَ يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٣٨﴾
يَٰقَوْمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا مَتَٰعٌ وَإِنَّ ٱلْءَاخِرَةَ هِىَ
دَارُ ٱلْقَرَارِ ﴿٣٩﴾ مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا ۖ
وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ
فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٤٠﴾

ئێمە بێت، بەراستی (الله) نایەوێت هیچ جۆرە ستەمێك لە هیچ بەندەیەکی خۆی بکات.

(٣٢) ئەی گەلی من بەڕاستی لێتان دەترسم لەو ڕۆژەی کە ڕۆژی هاوار هاوارە لە یەکترو کەس بەدەم کەسەوە نایەتو کەس لەبەر گرفتاری خۆی لە بیری کەسی تردا نیە.

(٣٣) ئەو ڕۆژەی کە پشت لەیەك دەکەنو ڕاو ڕاوانەو بێ مەبەست دێنو دەچن، هیچ پارێزەرێکتان نیە لەو ڕۆژەدا لە (الله) پەناتان بداتو ڕزگارتان بکاتو هەر کەسێکیش (الله) ڕێی لێ گوم بکات ، ئەوسا ئیتر هیچ ڕێ پیشاندەرێکی تری نیە.

(٣٤) بەراستی لە پێشدا یوسف (عليه السلام) هاتە لاتان بە بەڵگە گەلی ڕوون ، بەڵام ئێوە هەر لە گوماندا بوون لەوەی کە بۆی هێنا بوون تا وەفاتی کرد، ئەوەبوو وتتان: هەرگیز (الله) پاش ئەو پێغەمبەرێکی تر ڕەوانە ناکات، واتە تا مابوو باوەڕیان نەبوو کە پێغەمبەرە بەڵام کاتێك کەوەفاتی کرد دەیان وت: پێغەمبەری تری وەکو ئەو نایەت، هەر ئاوەها (الله) ئەو کەسەی کە زیادەڕەوە لە تاوانداو بە گومانەلە ئایینو پێغەمبەرانی خوادا ڕێنمایی ناکات ونایگەیەنێت بە خۆشبەختی پاشەڕۆژ.

(٣٥) ئەو کەسانەی کە لەبارەی نیشانەکانی (الله)وە کێشە دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێ، ڕقو کینی گەورە هەیە لەلایەن (الله)وە لەلایەن باوەڕدارانیشەوە ، جا چۆن سەری لێ تێکدان هەر ئاوەهاش (الله) مۆر دەنێت بەسەر دڵی هەمو خۆ بەزلزانێکی زۆردارەوە. قەتادە دەڵێت: (نیشانەی مرۆڤی ستەمکار کوشتنی خەڵکە بە ناحەق).

(٣٦) جا فیرعەون وتی: ئەی هامان قەڵایەکم بۆ دروست بکە بەڵکو بگەم بە ڕێگاکان.

(٣٧) ڕێگاکانی سەرکەوتن بۆ ئاسمانەکان ، سا بەڵکو لەوێوە هەواڵێك لە خوای موسا بزانم، وە بێ شك من وا گومان دەبەم کە ئەو درۆ دەکات، فیرعەون کردارە ناشیرینەکانی بۆ جوانکراو ڕێگای ڕاستی لێ گیراو فروفێڵی فیرعەونیش جگە لە تیاچونی خۆی شتێکی تری بەدواوە نەبو.

(٣٨) جا ئەو کەسەی باوەڕی هێنابو وتی: ئەی گەلی من دوام بکەون من ڕێگای باشتان نیشان دەدەم کە ڕێگای یەکتاپەرستیە.

(٣٩) ئەی گەلی خۆم ئەم دنیایە هەر تەنها خۆشیەکەو دەبڕێتەوە، بێگومان دوارۆژ هەر ئەوەیە ماڵی ئارامگرتن بە یەکجاریو هەرگیز کۆتایی نایەت ،جا یان نازو نیعمەتو ڕابواردنی هەمیشەییە یان دۆزەخو کێمو ئاگری هەمیشەیی جا ئەم ژیانە کێڵگەیەکە بۆ ئەو ژیانەو چی بکەیت ئەوە درووێنە دەکەیت وەکو دەفەرموێ:

(٤٠) هەر کەسێك ئیشێکی خراپ بکات هەر تەنها بە یەك خراپە لە شێوەی خۆی تۆڵەی لێ وەردەگیرێتو هەر کەسێکیش ئیشی چاك بکات نێر بێ یان مێ بێو ئەو باوەڕدار بێت ئەوە ئەوانە دەچنە ناو بەهەشتەوە، جا لەوێدا بەبێ ژمارە ڕۆزیان پێ دەدرێت.

وَيَٰقَوْمِ مَا لِىٓ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدْعُونَنِىٓ إِلَى
ٱلنَّارِ ﴿٤١﴾ تَدْعُونَنِى لِأَكْفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشْرِكَ بِهِۦ مَا لَيْسَ
لِى بِهِۦ عِلْمٌ وَأَنَا۠ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلْغَفَّٰرِ ﴿٤٢﴾ لَا جَرَمَ
أَنَّمَا تَدْعُونَنِىٓ إِلَيْهِ لَيْسَ لَهُۥ دَعْوَةٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَلَا فِى ٱلْءَاخِرَةِ
وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ
﴿٤٣﴾ فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ ۚ وَأُفَوِّضُ أَمْرِىٓ إِلَى
ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٤٤﴾ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ
مَا مَكَرُوا۟ ۖ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرْعَوْنَ سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٥﴾ ٱلنَّارُ
يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۖ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓا۟
ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٦﴾ وَإِذْ يَتَحَآجُّونَ فِى
ٱلنَّارِ فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَٰٓؤُا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟ إِنَّا كُنَّا
لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ ٱلنَّارِ
﴿٤٧﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟ إِنَّا كُلٌّ فِيهَآ إِنَّ ٱللَّهَ
قَدْ حَكَمَ بَيْنَ ٱلْعِبَادِ ﴿٤٨﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِى ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ
جَهَنَّمَ ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٩﴾

(٤١) ئەی گەلی خۆم ئەوە چیمە من ئێوە بانگ دەکەم کە ڕزگارتان بکەم لە ئاگر کەچی ئێوە من بانگ دەکەن بۆ لای ئاگر!

(٤٢) بانگم دەکەن تا بێ باوەڕبم بە (ﷲ)و هاوبەشی بۆ دانێم کە من بچوکترین زانیاریم نیە لەسەر ئەوەی کە (ﷲ) هیچ هاوبەشێکی هەبێت، وەمن ئێوە بانگ دەکەم بۆ لای ئەو دەسەڵاتدارە گەورەیە کە ئەم بونەوەرەی هێناوەتە دیو لەگەل ئەوهێز و دەسەڵاتە گەورەیەشدا زۆر لێبوردەیە لە تاوانی بەندەکانی.

(٤٣) بێگومان ئەوەی کە ئێوە منی بۆ بانگ دەکەن کە بەندایەتی بۆ بکەم توانای هیچی نیەو نایەت بەدەم کەسەوە نە لە دنیاداو نە لە دواڕۆژدا بێ شك گەڕانەوەی هەمومان هەر بۆ لای (ﷲ)یەو بێگومان کە زیادەڕەوان لە تاوانو ستەمدا هەر بۆ خۆیان دۆزەخین، بەڵێ باوەڕدارەکەی ئالی فیرعەون درێژە بە قسەو ئامۆژگارییەکانی دەداتو دەڵێ:

(٤٤) سا بەم زوانە کاتێك کە سزاتان بۆ هات ئەو کاتە دەزانن من چیم پێ وتونو ئیشی خۆم دەسپێرم بە (ﷲ) بێگومان کە(ﷲ) بینەری بەندەکانیەتیو ئەوەی شایستەی ڕێنمای بێت ڕێنمای دەکاتو ئەوەش کە شایستەی سەر لێ شێوان بێت سەری لێ تێك دەدات، ئەم پیاوە باوەڕدارە دڵسۆزە بۆ خۆیو گەلەکەی لە ئامۆژگاریو بانگەوازی یەکتاپەرستیو دژایەتی ملهوڕێکی وەکو فیرعەون کۆتای نەکردو لە کاتی پێویستدا خۆی ئاشکرا کردو هەڵوێستی مەردانەی خۆی گرت، لەمەوە بەلای کەمەوە ئەوە فێر دەبین ئەگەر بە جوانی سەرنج لە ئایەتەکان بدەین کە خۆگرتنو بێ دەنگیو خۆ حەشاردان ناگونجێت لەگەڵ بیروباوەڕێکی ڕاستو دروستدا ، ئەو پیاوە بە ئەو هەڵوێستە مەزنەی گەیشتە ئەو پلەیەی کە (ﷲ) دەفەرموێ:

(٤٥) جا بەبۆنەی ئەو دەعوەتو بانگەوازییەی کە لە دژی فیرعەنو دەستو دایرەکەی کردی(ﷲ) لە تەنگو چەڵەمەو سەختیەکانی ئەو فڕوفێڵەی کە دژی دەکرا پاراستیو فیرعەونو دەستو دایرەکەیشی خراپترین سزای چەسپاند بەسەریاندا،

(٤٦) کە ئاگر بوو کە هەمو ڕۆژێك بەبە یانیانو بە ئێواران ئەوان دەبرێنە سەر ئەو ئاگرەو لە ڕۆژی قیامەتیشدا (دەوترێت) فیرعەونو دەستو دایرەی بخەنە ناو توندترین سزاوە.

(٤٧) وەبیر بهێنەرەوە ئەو کاتەی کە لەناو ئاگردا لەگەڵ یەکتردا دەمەقاڵەیانە ، جا ژێردەستەو لاوازەکانی دنیا بەلوت بەرزان دەڵێن: بێگومان ئێمە پەیڕەوانی ئێوە بووین ئایا ئێوە دەتوانن لە جیاتی ئێمە بەشێك لەم ئاگرەی ئێمە لابەن؟ بەڵێ ئەمەیە داخوازی ئێوەی دواکەوتوو، جا بزانن گەورەو سەرۆکەکانتان چیتان بۆ دەکەنو چۆنتان وەڵام دەدەنەوە.

(٤٨) ئەو کەسانەی کە خۆبەزلزان بوون دەڵێن: بێگومان هەمووومان لەناو ئەم ئاگرەداین (کەس هیچی بۆ کەس پێ ناکرێت) بێ گومان کە (ﷲ) بە دادگەرانە لەنێوان بەندەکانیدا بڕیاری داوەو تازە دۆزەخینو هیچ کارێك لە

قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ تَكُ تَأۡتِيكُمۡ رُسُلُكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ قَالُواْ
بَلَىٰۚ قَالُواْ فَٱدۡعُواْۗ وَمَا دُعَٰٓؤُاْ ٱلۡكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٍ
(٥٠) إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا
وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ (٥١) يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡۖ
وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ (٥٢) وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى
ٱلۡهُدَىٰ وَأَوۡرَثۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡكِتَٰبَ (٥٣) هُدٗى
وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ (٥٤) فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ
حَقّٞ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ بِٱلۡعَشِيِّ
وَٱلۡإِبۡكَٰرِ (٥٥) إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ
ٱللَّهِ بِغَيۡرِ سُلۡطَٰنٍ أَتَىٰهُمۡ إِن فِي صُدُورِهِمۡ إِلَّا كِبۡرٞ
مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِۚ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ
ٱلۡبَصِيرُ (٥٦) لَخَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ أَكۡبَرُ مِنۡ
خَلۡقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ (٥٧)
وَمَا يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَلَا ٱلۡمُسِيٓءُۚ قَلِيلٗا مَّا تَتَذَكَّرُونَ (٥٨)

دەستمان نایەت، جا ئینجا هەمویان ڕوو لە دەرگاوانی دۆزەخ دەکەن کە بەڵکو بەزەیی پێیاندا بێتەوەو شتێکیان بۆ بکات.وەك دەفەرموێ:

(٤٩) جا ئەوانەی کە لەناو ئاگردان بە دەرگاوانی ئەو ئاگرە دەڵێن: لە پەروەردگارتان داوا بکەن بەڵکو ئەم سزایەمان ڕۆژێك لەسەر سوك بکات، داوای سوك بوونی ڕۆژێ سزا دەکەن، جا گوێ لە وەڵامی دەرگاوانی ئاگر بگرە ئەی مرۆڤی نەفام تاکەی بە هۆش نایەیتو هەتا کەی هەنگاوی کوێرانە دەنێیت تا دنیات لە دەست نەچوە زوو بگەڕێرەوەو بۆ هەمیشە خۆت لەو ئاگرە ڕزگار بکە.

(٥٠) ئەوانیش دەڵێن: ئایا پێغەمبەرانتان بە بەڵگەی ڕوونەوە نەهاتنە لاتانو ئەم ڕاستیانەیان بە ئێوە نەگەیاندوە؟ دەڵێن: بەڵێ هاتنە لامان. دەڵێن: دەی مادام وایە خۆتان داوا بکەن ئێمە نە گوێتان بۆ دەگرینو نە داوایشتان بۆ دەکەینو نەپێمان خۆشیشە ڕزگاربنو دڵنیایش بن کە وەڵامیشتان نادرێتەوەو سزایشتان لەسەر سوك ناکرێت و پاڕانەوەی خوانەناسان هەروا بەزایە دەچێت نەوەر دەگیرێتو نە وەڵام دەدرێتەوە.

(٥١) بێگومان ئێمە بەدەم نێرراوەکانی خۆمانەوەو ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە دێین لەم ژیانەی دنیاداو لەم ڕۆژەش کە شایەتەکان بۆ شایەتیدان ڕاست دەبنەوە لە ئەندامی لەشی خۆیانەوە بگرە تا فریشتەکانو پێغەمبەرانو پیاوچاکان.

(٥٢) ئەو ڕۆژەی کە ستەمکاران پاکانەکانیان سوودی نابێو بۆئەوان لەعنەت ونەفرین هەیە، وە بۆ ئەوان خراپترین ماڵ هەیە. جا قورئان پاشان دێتەوە سەر باسی موسا عليه السلام و دەفەرموێ:

(٥٣) جا بەراستی ئێمە ڕێنمونیمان دا بە موسا کە تەورات بو، ئەو پەڕاوەشمان بە کەلەپور دا بە نەوەی یەعقوب،

(٥٤) بۆ ئەوەی ڕێنماییو بیرەوەرییەك بێت بۆ خاوەن عەقلان.

(٥٥) جا تۆش ئارامگرە بێگومان بەڵێنی (الله) ڕاستەو دێتە جێو داوای لێبوردن بکە بۆ تاوانەکانت بە ئێوارەو بە بەیانی لەگەل سوپاسی پەروەردگارت پاکیو بێ عەیبی ئەو بڵێو نوێژی بۆ بکە تا خەڵکیش چاو لەتۆ بکەن.

(٥٦) بەبێگومان ئەو کەسانەی کە لە بارەی نیشانەکانی (الله)وە بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێ کێشەو دەمەقاڵە دەکەن ، جگە لە فیزو لوت بەرزی شتێکی تر لەناو دڵیاندا نیەو بەو ئاواتەش ناگەن، جا تۆ بە (الله) پەنا بگرە لە شەڕو ئاشوبی ئەوان بێگومان ئەو هەر خۆیەتی بیسەری هەمو قسەو گفتوگۆیەك و بینەری هەمو تەلاش و کردەوەیەکە.

(٥٧) بێگومان دروستکردنی ئەم ئاسمانانو زەویە گەورەترە لە دروستکردنی خەڵك، بەڵام زۆربەی خەڵك ئەم شتە گرنگو لەبەرچاوە نازانێت، ئینجا پەروەردگار بە نمونە باوەڕدارو بێ باوەڕمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٥٨) چاوساغ و کوێر وەکو یەك نینو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە وەکو خراپە کێل

إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَأَتِيَةٌ لَّا رَيۡبَ فِيهَا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ
لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٥٩﴾ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ
إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ
دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ لِتَسۡكُنُواْ
فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبۡصِرًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ
وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشۡكُرُونَ ﴿٦١﴾ ذَٰلِكُمُ
ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ
﴿٦٢﴾ كَذَٰلِكَ يُؤۡفَكُ ٱلَّذِينَ كَانُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ
﴿٦٣﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ قَرَارٗا وَٱلسَّمَآءَ
بِنَآءٗ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡ وَرَزَقَكُم مِّنَ
ٱلطَّيِّبَٰتِۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ
ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٦٤﴾ هُوَ ٱلۡحَيُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱدۡعُوهُ
مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَۗ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٦٥﴾ ۞ قُلۡ
إِنِّي نُهِيتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَمَّا جَآءَنِيَ
ٱلۡبَيِّنَٰتُ مِن رَّبِّي وَأُمِرۡتُ أَنۡ أُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٦٦﴾

نین بێگومان ئەوانەی کە بیر دەکەنەوەو سود لە نیشانەکانی (ﷲ) وەردەگرنو لە کوێران خۆیان جیا دەکەنەوە کەمن.

﴿٥٩﴾ بێگومان قیامەت دێت کە هیچ گومانێکی تێدا نیە ، بەڵام زۆربەی خەڵك باوەڕ ناهێنن، ئەمەش بەدرۆ خەرەوەی قسەی ئەو کەسانەیە کە دەڵێن: دەبێت زۆربەی خەڵك باوەڕ بهێنن ئینجا بەرنامەی ئیسلام کاری پێ بکرێت، جا با بیر بکەنەوە ئەگەر خاوەن ژیرین.

﴿٦٠﴾ جا پەروەردگارتان دەفەرموێ: بانگم بکەن وەڵامتان دەدەمەوە، بەڕاستی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە گەورە دەگرن لە پاڕانەوەو بەندایەتی ئێمە بەم زوانە سەرشۆڕانە دەخرێنە ناو دۆزەخەوە، پێویستە بزانین کە وەڵامدانەوەی (ﷲ) بۆ ئێمە چەند مەرجی هەیە یەکێك لەوانە ئەوەیە کە ئێمەش بە گوێی ئەو بکەین.لەفەرموودەدا هاتووە{إنَّ الدُّعاءَ هُوَ العِبادةُ/ابوداود وصححه الالباني/ بێگومان پاڕانەوە هەر خۆی بەندایەتیە}

﴿٦١﴾ (ﷲ)ئەو زاتەیە کە شەوی داناوە بۆ ئەوەی تێیدا بحەسێنەوەو ڕۆژیشی کردووە بە ڕوناك کەرەوە تا ئیشو کاری تێدا ئەنجام بدەن، بێگومان(ﷲ) چاکەی زۆری هەیە بەسەر خەڵکەوە ، بەڵام زۆربەی خەڵك سپڵەو نمەك نەناسنو سوپاسی ئەو زاتە ناکەن.

﴿٦٢﴾ ئەوە (ﷲ) یە کە پەروەردگاری ئێوەیەو دروستکەری هەمو شتێکیشەو جگە لەو هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەی تر نیە، دەی بۆ ئێوە دەخەڵەتێنو لەرێگای ئەو لادەدرێن؟!

﴿٦٣﴾ جا هەروەکو چۆن ئەوان لەرێگای (ﷲ) لادران هەر بەو شێوەش ئەو کەسانەی کە بە نیشانەکانی (ﷲ) باوەڕ ناهێنن لەرێگای ڕاست لادەدرێن.واتە مرۆڤ خۆی دەبێ سوربێ لەسەر گرتنی ڕێگای ڕاست ئەگینا لادەدرێتو ڕێگای ڕاستی لێ ون دەبێتوخۆشبەختی هەتا هەتایی لەدەست دەدات.

﴿٦٤﴾ (ﷲ) ئەو زاتەیە کە زەوی بۆ کردون بە ئارامگاو ئاسمانی بۆ کردون بە بان ، ئەوسا بە جوانترین شێوە وێنەی کێشاونو لەو شتانەش کە پاکە ڕۆزی پێداون ئەو زاتەی کە ئەم شتانەی بۆ کردون (ﷲ)یە کە پەروەردگارتانە، ئای چەند پاكو بێ عەیبەو خاوەنی خێری زۆرە پەروەردگاری جیهانیان.

﴿٦٥﴾ هەر خۆیەتی زیندو هەمو زیندوەکانی تریش بە فرمانی ئەو زیندون وجگە لەویش پەرستراوێکی ڕاستەقینەی تر نیە ، دەسا بیپەرستنو ئایینتان هەر بۆ ئەو پاك بکەنەوە، تەواوی سوپاس هەر شایستەی زاتی(ﷲ)یە کە پەروەردگاری جیهانیان.

﴿٦٦﴾ بڵێ کاتێك کە من لەلایەن پەروەردگارمەوە بەڵگەی ڕۆشنم بۆ هات ئیتر بەرگری کرام لەوەی کە بەندایەتی بکەم بۆ ئەوانەی کە ئێوە جگە لە (ﷲ) بەندایەتی بۆ دەکەن، سەرەڕای ئەوەش فرمانم پێکراوە کە بۆ پەروەردگاری جیهانیان گەردن کەچ بکەم چونکە جگە لەو پەرستراوێکی ڕاستەقینەی تر نیە.

هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ
يُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡ ثُمَّ لِتَكُونُواْ
شُيُوخٗاۚ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبۡلُۖ وَلِتَبۡلُغُوٓاْ أَجَلٗا مُّسَمّٗى
وَلَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٦٧ هُوَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ فَإِذَا
قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٦٨ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ
يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ أَنَّىٰ يُصۡرَفُونَ ٦٩ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ
بِٱلۡكِتَٰبِ وَبِمَآ أَرۡسَلۡنَا بِهِۦ رُسُلَنَاۖ فَسَوۡفَ يَعۡلَمُونَ
٧٠ إِذِ ٱلۡأَغۡلَٰلُ فِيٓ أَعۡنَٰقِهِمۡ وَٱلسَّلَٰسِلُ يُسۡحَبُونَ ٧١
فِي ٱلۡحَمِيمِ ثُمَّ فِي ٱلنَّارِ يُسۡجَرُونَ ٧٢ ثُمَّ قِيلَ لَهُمۡ أَيۡنَ
مَا كُنتُمۡ تُشۡرِكُونَ ٧٣ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا بَل لَّمۡ
نَكُن نَّدۡعُواْ مِن قَبۡلُ شَيۡـٔٗاۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٧٤
ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمۡ تَفۡرَحُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَبِمَا كُنتُمۡ
تَمۡرَحُونَ ٧٥ ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئۡسَ
مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ٧٦ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۚ فَإِمَّا
نُرِيَنَّكَ بَعۡضَ ٱلَّذِي نَعِدُهُمۡ أَوۡ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيۡنَا يُرۡجَعُونَ ٧٧

٦٧ ئەو ئەو زاتەیە کە ئێوەی لە خاكو پاشان لە دڵۆپە ئاوێكو پاشان لە خوێنێکی ڕەشی مەیو دروستی کردون ، ئینجا کردونی بە منداڵو لە ڕەحمی دایکەوە هێناونیە دەر پاشان ماوەتان دەدات تا ئەگەن بە هێزو توانایی‌و پاشان پیردەبن‌و بەر لەوە هەندێکتان دەمرێنرێن و هەندێکتان ماوە پێ دەدرێن تا دەگات بەو ماوەی کە بۆی دانراوەو بەو هیوایە لە خۆتان بیر بکەنەوە، بیر لەو هەمو خولانەی کە بەسەرتان هاتوەو هیچیشی بەدەست خۆتان نەبوە ، سا بەڵکو بێنەوە سەرهۆش‌و لەو خوا نەناسی‌و سەرە ڕەویتانە دەست بکێشنەوە.

٦٨ کەخوا ئەو زاتەیە کە دەژێنێت‌و دەمرێنێت هەر کاتێك شتێکی بوێت هەرکە پێی وت: ببە دەبێت‌و ڕێگری‌و بەرپەرچدەرەوەیەکی نیە.

٦٩ ئایا تەماشای ئەو کەسانە ناکەیت کە لەبارەی نیشانەکانی (ﷲ)وە کێشە دەکەن‌و باوەڕی پێ ناهێنن، چۆن ئەوانە ئاوا لا دەدرێن لە باوەڕهێنان بەم قورئانە!

٧٠ ئەو کەسانەی کە بەم قورئانەو بەوەی کە ڕەوانەمان کردوەتە لای تەواوی پێغەمبەران کە یەکتاپەرستیە بێ باوەڕبون ، ئەوسا ئەوانە بەم زوانە دەزانن چییان کردوە.

٧١ ئەو کاتەی کە زنجیر ئاڵا لە ملیان و پێون کران‌و ڕاکێشران.

٧٢ بەناو ئاوی داخدا پاشان خرانە ناو ئاگرو هەڵگیرسێنران.

٧٣ پاشان پێیان وێژرا لە کوێن ئەوانەی کە ئێوە دەتان کردن بە شەریكو بەندایەتیان بۆ دەکردن؟

٧٤ جگە لە (ﷲ) دەڵێن: ئەوانەمان لێ ون بوون،جا هەر زوو لەوقسەیەش پەشیمان دەبنەوەو دەڵێن:نەخێر ئێمە لەپێشدا هیچ شتێکمان نەپەرستووە هەر ئاوەها چۆن لە دنیادا سەریان لێ تێکچوەو بە جوانی (ﷲ)یان نەناسیوە هەرئاوایش (ﷲ) خوانەناسان سەر لێ تێك دەدات‌و نازانن لەو ڕۆژەدا چی بڵێن وچی بکەن. ئەی عاقڵ بیربکەرەوە پێش ئەوەی کە بەورۆژە بگەییت‌و کەس بەهاناتەوەنەیەت. وتراوە"هەڵە لەهەرکوێیدا لێی بگەڕێیتەوە قازانجە".

٧٥ ئەوەش لەبەرئەوەیە کە ئێوە بە ناحەق لەسەرئەم زەویدا بەدەعیەوفیزەوەخۆتان دەنواندو بە لوت بەرزی‌و سەیرو سەماوە سەرگەرم بون،جا پێتان دەوترێت:

٧٦ لە دەرگایانی دۆزەخەوە بچنە ژوورەوە کە هەمیشە تێیدا دەبن، جا چەند پیسە ئارامگاو جێگای خۆ بەزلزانان.

٧٧ سا تۆ ئارام بگرە لەسەر ئەو ئێش‌و ئازارانەی کە لەسەر ئەم بانگەوازە دوچارت هاتوەودێت، بێگومان بەڵێنی خوا کە سەرکەوتنی ڕاستیە، دێتەدی جا ئەگەر هەندێ لەوەی کە بەڵێنمان پێداون پیشانت بدەین یان تۆ بمرێنین وهیچ لەوبەڵێنانە نەبینی خۆئەوان هەر بۆ لای ئێمە دەهێنرێنەوە بۆ لێپرسینەوە ، واتە: ئەوانە هەر بە تۆڵەی خراپەی خۆیان ئەگەن چ لە زەمانی تۆ دابێت یان پاش مەرگی تۆ، هەر دەبێ بێنەوە بەر دەستمان‌و ناتوانن لەدەست تۆڵەوسزای ئێمەڕابکەن.

وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلٗا مِّن قَبۡلِكَ مِنۡهُم مَّن قَصَصۡنَا عَلَيۡكَ
وَمِنۡهُم مَّن لَّمۡ نَقۡصُصۡ عَلَيۡكَۗ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأۡتِيَ
بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ فَإِذَا جَآءَ أَمۡرُ ٱللَّهِ قُضِيَ بِٱلۡحَقِّ وَخَسِرَ
هُنَالِكَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ ﴿٧٨﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَنۡعَٰمَ
لِتَرۡكَبُواْ مِنۡهَا وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَكُمۡ فِيهَا
مَنَٰفِعُ وَلِتَبۡلُغُواْ عَلَيۡهَا حَاجَةٗ فِي صُدُورِكُمۡ وَعَلَيۡهَا وَعَلَى
ٱلۡفُلۡكِ تُحۡمَلُونَ ﴿٨٠﴾ وَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ فَأَيَّ ءَايَٰتِ
ٱللَّهِ تُنكِرُونَ ﴿٨١﴾ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ
كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَانُوٓاْ أَكۡثَرَ مِنۡهُمۡ وَأَشَدَّ
قُوَّةٗ وَءَاثَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ
﴿٨٢﴾ فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَرِحُواْ بِمَا عِندَهُم
مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٨٣﴾ فَلَمَّا
رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥ وَكَفَرۡنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ
مُشۡرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمۡ يَكُ يَنفَعُهُمۡ إِيمَٰنُهُمۡ لَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَاۖ سُنَّتَ
ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدۡ خَلَتۡ فِي عِبَادِهِۦۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨٥﴾

(٧٨) بەراستی پێغەمبەرانێكی زۆرمان پێش تۆ ڕەوانە كردوە لەوانە هەندێكیانمان بۆ باس كردویتو هەندێكی ترمان بۆ باس نەكردویت، وە بۆ هیچ پێغەمبەرێكیش نیە كە بە بێ ماوە پێدان لەلایەن (اللهِ) وە هیچ نیشانەیەك بهێنێ ، جا هەر كاتێك فرمانی (اللهِ) بۆ سزادانیان هات بەدادگەرانەو ڕاست كار جێ بەجێ دەكرێتو سزاو تاوانی خۆیان وەردەگرن ، جا ئا لەو كاتەدا ڕەنجەڕۆو شەرمەندەن بێ هودە كاران.ئینجا پەروەردگار هەندێ لەو چاكانەی خۆی بۆ بەندەكانی باس دەكاتو دەفەرموێ:

(٧٩) (اللهِ) ئەو زاتەیە كە چوار پێیانی دروستكردوە بۆتان تا سورای هەندێكیان ببنو گۆشتی هەندێكیان بخۆن.

(٨٠) خۆ لەوانەدا زۆر سودی ترتان دەست دەكەوێت وەكو شیرو ماستو كەرەو خوریو موو و كورك كە هەندێكیان بۆ خواردنو هەندێكیان بۆ پۆشاك تا بەهۆی ئەوانەوە بگەن بەئامانجەكانی ناو دەرونتان، هەرئاوەها ئێوە لەسەر كەشتیو لەسەر ئەوان هەڵدەگیرێنو ئازو گویازتان پێ دەكرێت بۆ بژێویو خۆشیو سەیران.

(٨١) جا نیشانەكانی خۆیتان پیشان دەدات لەم بونەوەرەو لە خودی خۆتاندا ، سا ئێوە حاشا لە كام نیشانەكانی (اللهِ) دەكەن و كامتان بەلاوە ڕاست نیە؟

(٨٢) ئایا ئەوان بەم زەویەدا نەگەڕاون جا تەماشا بكەن كە سەر ئەنجامی ئەو كەسانەی كە لەپێش ئەوانەوە بوەو لەوانیش زۆرترو بەهێزتر بون لەسەر ئەم زەویدا چیان بەسەرهات لەسەر خوانەناسیو دژایەتیان بۆ ئایینو پێغەمبەرەكەیان؟ ئەوسا ئەوەی كە پەیدایان كرد بو لە سەروەتو سامان ومنداڵو هێزو دەسەڵاتی زۆر هیچ سودی پێ نەدان، جا پێویستە ئەم گەلەش بیر بكەنەوەو لە دژایەتی ئایینو پێغەمبەرﷺ دەست بكێشنەوەو لەپێشوان پەند وەرگرن.

(٨٣) جا كاتێك كە پێغەمبەرەكانیان (درودی خوایان لێ بێت) بە نیشانە گەلی ڕوونەوە هاتنە لایان ئەوان بەو زانینەی خۆیان هەیان بو دەیان نازیو گاڵتەیان بە پێغەمبەران دەكردو گوێیان پێ نەدان ، جا تۆڵەی ئەو گوێ پێ نەدانو گاڵتە كردنە یەخەی گرتنودوچاری سزابون.

(٨٤) جا كاتێك كە سزای ئێمەیان دی وتیان: باوەڕمان هێناوە بە تاكو تەنیایی (اللهِ)و باوەڕمان نیە بەوەی كە كردومانن بە هاوبەشی (اللهِ)، بەڵێ ئەمە كاتی لێ قەومانەو تازە ئەم پەشیمان بوونەوەیە بێ سودە بۆیە دەفەرموێ:

(٨٥) جا ئەو باوەڕ هێنانەیان لە كاتێكدا كە سزای ئێمە دەبینن هیچ سودیان پێ ناداتو ئەو باوەڕە وەرناگیرێت ئەمە دابو نەریتی (اللهِ)یە كە لەناو بەندەكانیدا تێ پەڕیوە، بەراستی لەو كاتەدا خوانەناسان ڕەنجەڕۆو زەرەرمەندن، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە (اللهِ) تەوبەی ئەو كەسانە وەرناگرێت كە تاوان دەكەن تا سزا یەخەیان دەگرێت جا دەزانن ڕزگار نابن ئەوكاتە دان بە تاوانی خۆیاندا دەنێنو لە كاروكرداری پێشوی خۆیان پەشیمانن.

سُورَةُ فُصِّلَتۡ ٥٤ — ٤١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

حمٓ ١ تَنزِيلٞ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٢ كِتَٰبٞ فُصِّلَتۡ
ءَايَٰتُهُۥ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٣ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا فَأَعۡرَضَ
أَكۡثَرُهُمۡ فَهُمۡ لَا يَسۡمَعُونَ ٤ وَقَالُواْ قُلُوبُنَا فِيٓ أَكِنَّةٖ
مِّمَّا تَدۡعُونَآ إِلَيۡهِ وَفِيٓ ءَاذَانِنَا وَقۡرٞ وَمِنۢ بَيۡنِنَا وَبَيۡنِكَ حِجَابٞ
فَٱعۡمَلۡ إِنَّنَا عَٰمِلُونَ ٥ قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ
أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ فَٱسۡتَقِيمُوٓاْ إِلَيۡهِ وَٱسۡتَغۡفِرُوهُۗ وَوَيۡلٞ
لِّلۡمُشۡرِكِينَ ٦ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ
هُمۡ كَٰفِرُونَ ٧ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ
أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٖ ٨ ۞ قُلۡ أَئِنَّكُمۡ لَتَكۡفُرُونَ بِٱلَّذِي خَلَقَ
ٱلۡأَرۡضَ فِي يَوۡمَيۡنِ وَتَجۡعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادٗاۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٩
وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ مِن فَوۡقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقۡوَٰتَهَا فِيٓ
أَرۡبَعَةِ أَيَّامٖ سَوَآءٗ لِّلسَّآئِلِينَ ١٠ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ
فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ ١١

سورەتی فوسیلەت ٥٤ — ٤١

سورەتی فوسیلەت کە سورەتی چلو یەکەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتۆتە خوارەوە، پەنجاو چوار ئایەتەو سورەتی (حم السجدة)و سورەتی (المصابیح)یشی پێ دەوترێت. وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی شەستو یەکەمەو پاش سورەتی (غافر) و پێش (الزخرف) دابەزیوە.

بەناوی اللّٰه ی زۆربەسۆز و بێنیهایەت میهرەبان

(١) حامیم. هەر (اللّٰه) خۆی مەبەستی ئەم پیتە جیاجیایانەی سەرەتای ئەم سورەتانەی قورئان دەزانێت، وە ئەمەش ڕاسترین بۆچونە لە بارەی ئەو پیتانەوە.

(٢) ئەم قورئانە لەلایەن زۆر بەسۆزو بێ نیهایەت میهرەبانەوە دابەزیوە، لەبەر ئەوە دەبێت باوەڕمان هەبێت کە بریارو یاساکانی هەموی مایەی خێرو خۆشی مرۆڤە چونکە دانراوی زاتێکی بەسۆزو میهرەبانە.

(٣) ئەمە پەڕاوێکە کە نیشانەکانی جیا کراوەتەوەو ڕۆشنە، خوێنراوەیەکی عەرەبیە بۆ گەلێك کە بزانن. واتە ئەم ڕۆشنیە کەسێك دەیزانێت کە زانیاری قوڵو چاکی هەبێت وخۆی گێل نەکات.

(٤) موژدەدەرە بە ڕەزامەندی (اللّٰه)و بە بەهەشتی هەتاهەتایی بەو کەسانەی کەباوەڕی پێ دەکەنو ترسێنەرە بۆ ئەو کەسانەش کە باوەڕی پێ ناکەن، ئەوسا زۆربەی ئەوان پشت لە ڕاستی دەکەن جا هەروەکو کەڕ ئەوان قسەی ڕاستو چاك نابیسن.

(٥) جا ئەوان وتیان: دڵمان لەناو چەندین بەرگدایەو لەبارەی ئەوەی کە تۆ بانگمان دەکەیت بۆ لایو تێ ناگەینو وەری ناگرینو باری گران لەناو گوێچکەکانمان دایەو کەڕینو هیچ نابیسینو لەنێوان ئێمەو تۆدا پەردە هەیە، جا تۆ چی دەکەیت بۆ خۆت بیکە، ئێمەش ئەوەی کە دەمانەوێت دەیکەین "دینی خۆت بۆ خۆتو دینی خۆمان بۆ خۆمان".

(٦) ئەی محمدﷺ بڵێ: من هەر مرۆڤێکم وەکو ئێوە، پەیامم بۆ هاتوە کە پەرستراوی ڕاستەقینەی ئێوە هەر پەرستراوێکی تەنهایە، جا بە بەردەوامی ڕوی تێ بکەنو داوای لێبوردنی لێ بکەن، وای بۆ موشریکان کە (اللّٰه) بە تەنیا ناناسن (موشریك بەو کەسە دەوترێت کە باوەڕی بە (اللّٰه) ببێو بە خالقو ڕازیقی خۆی بزانێ بەڵام پەیڕەوی جگە لەویش بکات چ بت بێت یان مرۆڤ یان ئارەزۆ یان پلەو پایە بە شێوەیەك لەگەل بریاری (اللّٰه)دا یەك نەکەونو پێی وابێ لەم بەشانەدا دەبێت دابو نەریتو واقیعو بەرژەوەندی و...هتد پەیڕەو بکرێت، ئەم جۆرە کەسانە دوچاری گوناهێك بوون کە بە تەوبە نەبێت (اللّٰه) چاوپۆشیان لێ ناکاتو هەرکردارو گوفتارو بەرنامەیەکی تری چاکیشیان ئەنجام دابێتو ئەنجام بدەن هەڵوەشاوەیەو هیچ پاداشتێکی دەست ناکەوێت، هەروەك دەفەرموێ: ﴿ئەی باوەڕداران پەیڕەوی خواو پەیڕەوی پێغەمبەر بکەنو کرداری خۆتان هەڵمەوەشێننەوە﴾ محمد:٣٣.

(٧) موشریك ئەو کەسانەن کەزەکات نادەن و ئەوانە هەر بێ باوەڕیشن بە ڕۆژی دوایی، یان هەرکاتێك زەکات پێویست بکرێت لەسەریان نایدەن. (ئەم ئایەتە لە مەکەدا هاتوەو لەو کاتەدا زەکات واجب نەبوە بەڵکو لە ساڵی دووهەمی کۆچیدا زەکات واجب بوە،لەسەر لێکدانەوەی دوایی دەگونجێت وەکو هەواڵێکی شاراوە بێت و (اللّٰه)

دەزانێ کە ئەم موشریکانە لەپاشدا زەکاتیش نادەن. هەروەها وریا کردنەوەی ئەو باوڕدارانەی ئەو سەردەمە بووە کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکەش هەر کات فەرزکرا).

(٨) بێگومان ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناو کرداری چاکیان کرد پاداشتێکی نەبڕاوەیان بۆ هەیە کە بەهەشتی هەتاهەتایی‌و نازو نیعمەتەکانیەتی.

(٩) پێیان بڵێ: ئایا ئێوە بەو زاتەی کە لە دوو ڕۆژدا ئەم زەوییەی دروستکردوە باوەڕ ناکەن‌و هاوتای بۆ دادەنێن؟ کە ئەوە پەروەردگاری جیهانیانە بە گەروەو بچوك‌و بە گیاندارو بێ گیانیەوە.

(١٠) جا لەناودڵی ئەم زەوییەدا چیا گەلێکی گەورەو بچوك‌و بەرزو نزم کە لەسەریەوە دەرکەوتوە دروستکردوە تا وەکو مێخێك زەوی ڕابگرێت و فەرو پیتی لەناویدا داناوەو لەماوەی چوار ڕۆژی تەواودا کەرەسەی ئەوەی کە بۆ ژیان لەم زەوییەدا پێویست بێت تێیدا دانا ، یان ئەم پێویستیەکە دایناوە لەناویدا یەکسانە بۆ نیازمەندان.

(١١) پاش دروستکردنی زەوی‌و کەرەسە پێویستیەکانی بڕیاری (الله) بۆ دروستکردنی ئاسمان دەرچو لە حاڵێکدا کە دووکەڵ بون، جا بە ئاسمانان‌و زەوی فەرمو: وەرن، پێتان خۆش بێت یان پێتان ناخۆش بێت ئەوانیش وتیان: بە خۆشی خۆمان هاتین‌و ئامادەی گوێ ڕایەڵین بۆ هەموو فەرمانەکانت.

(١٢) ئەوسا حەوت ئاسمانی تەواوکرد لە دوو ڕۆژدا کە ڕۆژی پێنج شەممەو جومعەبوە، وە هەر ئاسمانێکیش چی پێویست بوە لە بەرنامە و ئیش تێدا کردن‌و چەندو چۆنیەتی هەموی پێ گەیاندوەو ئاسمانی ئەم زەویەش کە ئێمە لەسەری دەژین بە ئەستێرەکان کە وەکو چرا ڕوناکی دەدەن‌و دەدرەوشێنەوە ڕازاندوەتەوەوکردونی بە پارێزگاری ئاسمانگ لە شەیتانەکان، ئەوەی کەباسکرا بە درێژی هەموی ئەندازەگیری ئەو دەسەڵاتدارو زانایە کە هیچی لێ ون نابێت.

فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ
وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ
ٱلۡعَلِيمِ ﴿١٢﴾ فَإِنۡ أَعۡرَضُواْ فَقُلۡ أَنذَرۡتُكُمۡ صَٰعِقَةٗ مِّثۡلَ صَٰعِقَةِ
عَادٖ وَثَمُودَ ﴿١٣﴾ إِذۡ جَآءَتۡهُمُ ٱلرُّسُلُ مِنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ
خَلۡفِهِمۡ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۖ قَالُواْ لَوۡ شَآءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةٗ
فَإِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾ فَأَمَّا عَادٞ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي
ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَقَالُواْ مَنۡ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةًۖ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ
ٱلَّذِي خَلَقَهُمۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗۖ وَكَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ
﴿١٥﴾ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِيٓ أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ لِّنُذِيقَهُمۡ
عَذَابَ ٱلۡخِزۡيِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَخۡزَىٰۖ وَهُمۡ
لَا يُنصَرُونَ ﴿١٦﴾ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى
ٱلۡهُدَىٰ فَأَخَذَتۡهُمۡ صَٰعِقَةُ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡهُونِ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ
﴿١٧﴾ وَنَجَّيۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿١٨﴾ وَيَوۡمَ يُحۡشَرُ
أَعۡدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمۡ يُوزَعُونَ ﴿١٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ
عَلَيۡهِمۡ سَمۡعُهُمۡ وَأَبۡصَٰرُهُمۡ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٢٠﴾

(١٣) جا ئەگەر قەبوڵیان نەکرد ئەوسا بەوان بڵێ: دەتان ترسێنم بە دەنگێکی تۆقێنەر هەروەکو ئەودەنگە تۆقێنەرەی کە عادو سەمودی لەناوبرد.

(١٤) ئەو کاتەی کە هەر گەلێك لە سەردەمی خۆیدا پێغەمبەریان بۆ ڕەوان دەکرا پێش ئەوانیش بۆ گەلانی تریش هاتبون هەمویان یەك دەنگ بوون لەسەر ئەوەی کەجگە لە (الله) کەسێکی تر مەپەرستن، بەلاَم ئەوان لە وەلاَمی پێغەمبەرەکانیاندا وتیان: ئەگەر پەروەردگارمان ئارەزۆی لێ بووایە فریشتەی دەنارد، جا ئێمە بەوەی کە ئێوەی بۆ ڕەوانە کراوە باوەڕمان نیەو دواتان ناکەوین.

(١٥) خۆ هۆزی عاد بەناڕەوا خۆیان بە زل گرت لەم زەویەداو وتیان: کێ هەیە لە ئێمە بەهێزترە؟ ئایا نابینن‌و نازانن کە بێگومان ئەو(الله) یەی کە ئەوانی دروستکردوە ئەو لەوان گەلێك بەهێزترە، جا ئەوان بە نیشانەکانی ئێمە باوەڕیان ناکەن‌و حاشای لێ دەکەن.

(١٦) ئەوسا ئێمەش بایەکی ساردی بە نرکەو ناڵەمان ڕەوانەکرد بۆیان لەچەند ڕۆژێکی نەگبەتدا کەحەوت شەو

وَقَالُواْ لِجُلُودِهِمۡ لِمَ شَهِدتُّمۡ عَلَيۡنَاۖ قَالُوٓاْ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ
أَنطَقَ كُلَّ شَيۡءٖۚ وَهُوَ خَلَقَكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ٢١
وَمَا كُنتُمۡ تَسۡتَتِرُونَ أَن يَشۡهَدَ عَلَيۡكُمۡ سَمۡعُكُمۡ وَلَآ أَبۡصَٰرُكُمۡ
وَلَا جُلُودُكُمۡ وَلَٰكِن ظَنَنتُمۡ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعۡلَمُ كَثِيرٗا مِّمَّا تَعۡمَلُونَ
٢٢ وَذَٰلِكُمۡ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِي ظَنَنتُم بِرَبِّكُمۡ أَرۡدَىٰكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم
مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٢٣ فَإِن يَصۡبِرُواْ فَٱلنَّارُ مَثۡوٗى لَّهُمۡۖ وَإِن
يَسۡتَعۡتِبُواْ فَمَا هُم مِّنَ ٱلۡمُعۡتَبِينَ ٢٤ ۞ وَقَيَّضۡنَا لَهُمۡ
قُرَنَآءَ فَزَيَّنُواْ لَهُم مَّا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ وَحَقَّ عَلَيۡهِمُ
ٱلۡقَوۡلُ فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ إِنَّهُمۡ
كَانُواْ خَٰسِرِينَ ٢٥ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَسۡمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ
وَٱلۡغَوۡاْ فِيهِ لَعَلَّكُمۡ تَغۡلِبُونَ ٢٦ فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَذَابٗا
شَدِيدٗا وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَسۡوَأَ ٱلَّذِي كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٢٧ ذَٰلِكَ جَزَآءُ
أَعۡدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُۖ لَهُمۡ فِيهَا دَارُ ٱلۡخُلۡدِ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ
٢٨ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيۡنِ أَضَلَّانَا مِنَ ٱلۡجِنِّ
وَٱلۡإِنسِ نَجۡعَلۡهُمَا تَحۡتَ أَقۡدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ ٱلۡأَسۡفَلِينَ ٢٩

و هەشت ڕۆژبو بەبێ پسانەوە، تا لەم ژیانەی دنیادا سزای سەرشۆڕکەریان پێ بچەژێن‌و پاشەڕۆژیش سزای لەوە بەهێزترو سەرشۆڕکەرتریان بۆ هەیە و ئەوان بۆ لابردنی ئەو سزایە لەلایەن هیچ کەسێکەوە یارمەتی نادرێن تا لەسەریان لابرێت.

١٧ خۆ ئێمە گەلی سەمودیشمان بەرەو خۆمان ڕێنمونی کرد بەڵام ئەوان گومڕاهیان هەڵبژارد لەباتی ڕێگای ڕاست ئەوسا دەنگی سزایەکی سەرشۆڕکەر گرتنی ئەوەش بەهۆی ئەو کەسب‌و کارە ناشرینانەی خۆیان بو،واتە پەروەردگار ستەمی لێ نەکردون.

١٨ جا ئەوانەیان کە باوەڕیان هێنابوو خۆیشیان لەو کارانە پاراستبوو کە ڕقمان لێیان هەستێت ڕزگارمان کردن‌و هیچ بێ تاوانێکمان وەبەر سزا نەخست.

١٩ وەبیریان بهێنەرەوە ئەو ڕۆژەی کە دوژمنانی (ﷲ) بەرەو ئاگر کۆ دەکرێنەوە جا ئەوسا دەستە دەستە پاڵ دەنرێن.

٢٠ تا ئەو کاتەی کە دەگەن بەو ئاگرە، ئینجا هەر کارێکیان کردوە گوێچکەیان‌و چاویان‌و لەشیان شایەتیان لەسەر دەدەن‌و هیچیان بۆ ناپۆشرێت.

٢١ جا بە گلەیی‌و شەرمەزارییەوە بە لەشیان دەڵێن: بۆچی شایەتیتان لەدژمان دا؟ ئەوانیش لە وەڵامیاندا دەڵێن: (ﷲ) ئێمەی هێنایە قسەکردن، ئەو زاتەی کە هەمو شتێك دێنێتە قسەکردن‌و هەر خۆیەتی یەکەم جار دروستی کردون‌و هەر بۆ لای ئەویش دەهێنرێنەوە.

٢٢ خۆ ئێوە لەوەی کە شایەتی بدات لێتان کە گوێچکەتان‌و چاوتان‌و پێستانە هیچتان نەدەشاردەوە، چونکە باوەڕتان بە زیندوبونەوە نەبو بەڵکو گومانتان وابو کە (ﷲ) بە زۆرێك لەو شتانەی کە ئێوە دەیکەن بێ ئاگایە. لە چەند ڕێگایەکەوە کە هەندێکیان جوانە هاتوە کە دەڵێت: تاقمێك لە نەیارانی پێغەمبەرمانﷺ هەندێکیان بە هەندێکیان وت: ئایا (ﷲ) هەمو قسەیەکی ئێمە دەبیسێت؟ هەندێکیان وتیان: ئەگەر دەنگمان بەرز نەکەینەوە نایبیسێت، هەندێکی تریان وتیان: ئەگەر شتێك ببیسێت هەموی دەبیسێت ئائەم قسەیە باسکرا بۆ پێغەمبەر ﷺ جا (ﷲ) ئەو ئایەتەی دابەزاندو تێی گەیاندن کە ئەگەر بەناو دڵیشیاندا بێت هەر دەیزانێ‌و شایەتی لەسەر دەدات خۆ ئەوەی ناو دڵیش هەر (ﷲ) خۆی دروستی دەکات ﴿دەی ئایا دەگونجێت کەسێ شتێ دروست بکات‌و پێی نەزانێ لەحاڵێکدا کەزۆر وردبین‌و بەئاگایە؟﴾ مولك/١٤.

٢٣ بەڵێ ئەو گومانە نارەواتانە بو کە واتان گومان دەکرد کە پەروەردگارتان بەکارو کۆششتان نازانێت جا ئەو بۆچونە هەڵەیە لەناوی بردن، ئەوسا چونە ڕیزی ڕەنجەڕۆیانەوە.

٢٤ جا ئیتر ئەگەر خۆیان بگرن ئەوسا هەر ئاگر جێگایانەو ئەگەر داوای لێ بوردنیش بکەن، ئەوسا ئەوان لەوانەنین کە لێ بوردنیان لێ وەردەگیرێت. واتە جگە لە ئاگری دۆزەخ باچاوەڕێی هیچی تر نەکەن.

(٢٥) جا بەهۆی لاساری خۆیانەوە دۆستانی وامان بۆ پەیداکردن کە هەمو کارو کۆششێکی خراپی پێش‌و پاشی خۆیانی بۆ جوان کردن وبڕیاری(ﷲ)یش کە پڕکردنی دۆزەخە هاتەدی لەسەر ئەوان‌و چونە ڕیزی ئەو گەلە خراپانەی پێشخۆیان لە جنۆکەو ئینسان، کەبێگومان ئەوان لە ڕەنجەڕۆیان بوون.

(٢٦) جا خوانەناسان بە یەکتریان وت: گوێ لەم قسانە مەگرن‌و هەر کاتێك ئەم قورئانە خوێنرایەوە قسەی بێ سودو بێ کەڵکی خۆتانی تێکەڵ بکەن تاکو ئێوە سەرکەون بەسەریداو قسەی ببڕن‌و نەیەڵن خەڵك لێی تێ بگات.

(٢٧) جا ئێمەش سزای توندمان پێ چەژاندن‌و بێگومان بە خراپترین لەو کردارو ڕەفتارە پیسانەی کە کردویانە تۆڵەیان لێ وەردەگرین.

(٢٨) ئەو تۆڵە خراپەی کە باسکرا بۆ دوژمنانی (ﷲ)، ئاگرەودۆزەخ کە هەر لەوێدا هەیە بۆ ئەوان لەناو ئەو ئاگرەدا ماڵی هەمیشەییان، جا ئەم تۆڵە خراپ‌و سەختە بە هۆی ئەوەبو کە ئەوان دانیان بە نیشانەکانی ئێمەدا نەدەنا.

(٢٩) جا ئەو کەسانەی کە خوانەناسن لە قیامەتدا دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ئەو دوانەی کە سەریان لەئێمە شێواندو گومڕایان کردین لە جنۆکەو لە مرۆڤ پیشانمان بدە تا ئێستا بۆ ئەوەی بێ نرخ وسەرشوڕیان بکەین بیانخەینە ژێر پێی خۆمان وپێ پڕنەیان بکەین. بەڵێ، نەزانان لەوێ ئەو قسەیە گەورە یە دەکەن‌و لەدنیایشدا بەندەیانن وخۆیان فیدایان دەکەن‌و کەس وکارو ماڵ‌و سامانیان لە ڕێگایاندا دادەنێن؟! ئای ئێمەی مرۆڤ چەندە نەزان وبێ شەرمین. جا بە دوای باسی خراپاندا پەروەردگار باسی چاکان دەکات‌و دەفەرموێ:

(٣٠) بەبێگومان ئەو کەسانەی کە دەڵێن: پەروەردگارمان (ﷲ) یەو پاشان لەسەر ئەم قسەیەی خۆیان لانادەن تا دەگەنە سەرە مەرگ ئا لەو کاتەدا فریشتەکان دادەبەزنە لایان‌و دڵخۆشیان دەکەن‌و دەڵێن: مەترسن‌و خەم مەخۆن‌و موژدە بدەن بەو بهەشتەی کە بەڵێنتان پێ درابو.

إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ
ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ وَأَبْشِرُواْ بِٱلْجَنَّةِ
ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ (٣٠) نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ
ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ
وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ (٣١) نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ (٣٢)
وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ
إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ (٣٣) وَلَا تَسْتَوِى ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ۚ
ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ
وَلِىٌّ حَمِيمٌ (٣٤) وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ
إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ (٣٥) وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ
فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ (٣٦) وَمِنْ ءَايَٰتِهِ
ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُواْ لِلشَّمْسِ
وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ
إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ (٣٧) فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُواْ فَٱلَّذِينَ عِندَ
رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ ۩ (٣٨)

(٣١) ئێمە دۆستانتانین لە ژیانی دنیاو لە ڕۆژی دوایشدا، خۆ بۆتان هەیە لەناو ئەو بەهەشتەدا ئەوەی کە نەفستان پێی خۆشەو هەرچی داوای بکەن لەناویدا دەستان دەکەوێت.

(٣٢) ئەمە میواندارییەکە لەلایەن زاتێکی لێبووردەو چاوپۆشی کەر لە تاوان‌و میهرەبانەوەکە (ﷲ) یە.

(٣٣) جا کێ هەیە قسەی جوانتر بێت لەو کەسەی کە بانگی خەڵك دەکات بەرەو (ﷲ)و کرداری چاك دەکات‌و دەڵێت: بێگومان من لە موسڵمانانم؟

(٣٤) چاك‌و خراپ یەکسان نین جا با بەو ڕەوشت وئەخلاقەی کە جوانە پاڵ بنێ بە خراپەوە، ئەوسا ئەو کەسەی کە لەنێوان تۆو ئەودا دوژمنایەتی بوە هەروەکو دۆستێکی نزیك دەبێ بۆت.

(٣٥) خۆ ئاوا کارێك ناکەن وناگەن بەم پلەیە مەگەر ئەو کەسانەی کەخۆیان ڕاگرتوەو نەفسی خۆیان لەسەر لێبوردن‌و چاوپۆشی رام کردوە، دیسان ناگەن بەو پلەیە مەگەر خاوەنی بەشێکی گەورەبن.

وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ
ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ
قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ ۗ أَفَمَن
يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِىٓ ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ ٱعْمَلُوا۟ مَا شِئْتُمْ ۖ
إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِٱلذِّكْرِ لَمَّا جَآءَهُمْ ۖ
وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ ﴿٤١﴾ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ
خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ
لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ ﴿٤٣﴾
وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا۟ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ۖ ءَا۬عْجَمِىٌّ
وَعَرَبِىٌّ ۗ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ ۖ وَٱلَّذِينَ
لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ
يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٤٤﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ
فَٱخْتُلِفَ فِيهِ ۗ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ
بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿٤٥﴾ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا
فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾

(٣٦) جا هەر کاتێك لە شەیتانەوە دوچاری ختورەو خەیاڵێك بوی کە لە ڕەوشتی بەرزو جوان لات بدات ، ئەوسا بەپەلە پەنا بەرە بۆ (اللَّه) بۆ ئەوەی لەو ختورەو خەیاڵە خراپە پاکت بکاتەوە کە بێگومان ئەو هەر خۆیەتی بیسەری هەمو قسەو ختورەی بەندەکانی و زانەری هەمو کردارێکی، ئینجا(اللَّه) بەشێکی تر لەنیشانە گرنگەکانی خۆیمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێ:

(٣٧) خۆ هەندێك لە نیشانەکانی بوونی(اللَّه)و هێزو دەسەڵات و زانیاریو دانایی ئەو زاتە شەو و ڕۆژو خۆرو مانگە کە چۆنی دروستکردونو هەموویانی ڕام کردوە بۆ ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە بەسودی مرۆڤن، جا نە سوجدە بۆ ڕۆژ ببەنو نە بۆ مانگ، ئەگەر ئێوە تەنها ئەو زاتە دەپرستن سوجدە تەنها بۆ (اللَّه) ببەن ئەوەی کە ئەوانی دروستو ڕامکردوە.

(٣٨) ئەوسا ئەگەر ئەوان خۆیان بە زل گرتو بەندایەتی (اللَّه)یان نەکرد هەر خۆیان زیان لێ کەوتوو دەبن، چونکە ئەوانەی کە لە لای پەروەردگاری تۆن بە شەو و بە ڕۆژ تەسبیحاتی ئەو دەکەنو ئەوان هەرگیز بێ تاقەت نابن لە پەرستنی ئەو زاتە.

(٣٩) وە هەندێکی تر لە نیشانەی بوونو دەسەڵاتی ئەو زاتە ئەوەیە کە بێگومان تۆ ئەو زەویە دەبینی کە وشكو بێ هەستو خوستە، جا ئێمە بارانی بۆ دەبارێنین کە دەجوڵێتو بەرز دەبێتەوەو دانەوێڵەو ڕووەکی لێ شین دەبیت، بێگومان ئەو کەسەی کە ئەو زەوییەی زیندوو کردەوە هەروا مردوانیش زیندوو دەکاتەوە، بێگومان ئەو توانای بەسەر هەمو شتێکدا هەیە.

(٤٠) بێگومان ئەو کەسانەی کە نیشانەکانی ئێمە دەگۆڕن بە لادانی لە مانای خۆی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان لە ئێمە ناشارێنەوەو سزایان دەدەین بە ئاگر، جا ئایا ئەو کەسەی کە فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرەوە چاکە یان ئەو کەسەی کە لە ڕۆژی قیامەتا بە ئاسودەیی بەرەو سەرای مەحشەر دێت؟ دەی هەرچی ئارەزۆتان لێیەتی لە چاکەو خراپە بیکەن بێگومان ئەو زاتە بینەرە بەو شتەی کە دەیکەن.

(٤١) بەبێگومان ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەم قورئانە نەکرد ئەو کاتەی کە هاتە لایان، تۆڵەیان لێ وەردەگرین. وەبە بێگومان کە ئەوە پەڕاوێکی نایابو بەڕێزە.

(٤٢) کە نە لە ئێستایداو نە لەداهاتویدا شتی پڕوپوچ ناتوانێت ڕووی تێ بکاتو شتێکی بێسودی تێدابەدی نەکراوەو ناکرێت، چونکە ڕەوانە کراوی ئەو زاتەیە کە زۆر داناو سوپاسکراوە.

(٤٣) جگە لەو قسە خراپو نابەجێیانەی کە بە تەواوی پێغەمبەرانی پێش تۆ وتراوە، شتێکی تازەتر بە تۆ ناوترێت، کە وابو ئارامگرە هەروەکو چۆن ئەوان ئارامیان گرت دڵنیابە ئەو خوا نەناسانە سزا دەدرێن هەروەکو چۆن ئەوان پێش تر سزادران، بێگومان پەرەردگارت خاوەنی چاوپۆشیە بۆ ئەو کەسانەی ڕاستو دروستنو لە هەڵەکانیان پەشیمان دەبنەوەو خاوەنی تۆڵەی بەژانیشە بۆ ئەوکەسانەی لەسەر دژایەتی ئایینو شیرك دەمرن.

(٤٤) ئەگەر ئەم قورئانەمان بەزمانی غەیرەعەرەبی ڕەوانە بکردایە بێگومان دەیان وت: چۆن وا دەبێت دەبوایە نیشانەکانی ڕۆشن بکرایەوە ئایا چۆن وا دەبیت کە ئەم قورئانە عەرەبی نەبێتو پێغەمبەر عەرەب؟! واتە شتی وا نابێتو ناگونجێت، بڵێ ئەو قورئانە ڕێنمایو چارەسەری نەخۆشیە لاشەییو دەرونیەکانە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێی هێناوە، وەئەو کەسانەش کە باوەڕی پێ ناکەن لەناو گوێچکەیاندا باری قورس هەیەو کەڕنو هیچی لێ حاڵی نابەنو ئەوان کوێرنو جگە لە بەدبەختی سودێکی تری لێ وەرناگرن، بەڵێ ئەوەندە بێ ئاگاو دورن لە ڕاستیەوە هیچ لەو قورئانە تێ ناگەن وەکو ئەوە کە لە شوێنێکی دورەوە بانگ بکرێنو جگە لەدەنگەکە شتێکی تر حاڵی نەبن.

(٤٥) جا بەراستی ئێمە ئەو پەڕاوەمان (تەورات) دا بە موسا ﷺ جا یەك قسە نەبون تێیدا هەندێك باوەڕی پێ کردو هەندێکیش بە درۆیان خستەوە(هەروەکو ئەم قورئانەی کە هاتوە بۆ تۆ ئەی محمد ﷺ) جا ئەگەربڕیاری پەروەردگارت بە دواخستنی سزاو لێکۆلینەوە لە هەمو خەڵکان پێش نەکەوتایە دەمێك بو هەر لە دنیادا بڕیاریان بەسەردا ئەنجام دەدرا لەبارەی ئەو ناڕێکیەی کە هەیانە سەبارەت بە ئایینو بەپێغەمبەر ﷺ بێگومان ئەوان گومانیان هەیە لەم قورئانەو زۆر لێی دوو دڵن.
ئەمەش دڵ نەواییەکە بۆ پێغەمبەرمان ﷺ واتە: هەر تۆ نەبویت کە ئاوا گەلەکەت ڕێگای ئایینو بڵاوکردنەوەی ئەو قورئانەت لێ بگرنو بەدرۆت بخەنەوە، تەماشای موساو گەلەکەی بکەو بزانە چییان کردوە لەگەڵیدا.

(٤٦) هەر کەسێك ئیشی چاك بکات بۆ خۆی دەکاتو خۆی سودی لێ وەردەگرێتو هەر کەسێکیش خراپە بکات تاوانی ئەو خراپەیە هەر بە مل خۆیەتیو پەروەردگارت ستەم لە هیچ بەندەیەکی ناکات.

(٤٧) زانینی کاتی هاتنی ڕۆژی قیامەت هەر بۆلای زاتی خۆی دەگەڕێتەوەو کەس هیچی لێ نازانێت، هیچ میوەیەك لەناو کالانی نایەتە دەرو هیچ مێینەیەك ئاوس نابێو ئەو بارەی دانانێت مەگەر بە گوێرەی زانیاری ئەو زاتە بێت،

۞ إِلَيۡهِ يُرَدُّ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِۚ وَمَا تَخۡرُجُ مِن ثَمَرَٰتٖ مِّنۡ أَكۡمَامِهَا
وَمَا تَحۡمِلُ مِنۡ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلۡمِهِۦۚ وَيَوۡمَ يُنَادِيهِمۡ أَيۡنَ
شُرَكَآءِي قَالُوٓاْ ءَاذَنَّٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٖ (٤٧) وَضَلَّ
عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَدۡعُونَ مِن قَبۡلُۖ وَظَنُّواْ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٖ (٤٨)
لَّا يَسۡـَٔمُ ٱلۡإِنسَٰنُ مِن دُعَآءِ ٱلۡخَيۡرِ وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ فَيَـُٔوسٞ
قَنُوطٞ (٤٩) وَلَئِنۡ أَذَقۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنَّا مِنۢ بَعۡدِ ضَرَّآءَ مَسَّتۡهُ
لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةٗ وَلَئِن رُّجِعۡتُ إِلَىٰ
رَبِّيٓ إِنَّ لِي عِندَهُۥ لَلۡحُسۡنَىٰۚ فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِمَا عَمِلُواْ
وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنۡ عَذَابٍ غَلِيظٖ (٥٠) وَإِذَآ أَنۡعَمۡنَا عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ
أَعۡرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٖ
(٥١) قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كَانَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ ثُمَّ كَفَرۡتُم
بِهِۦ مَنۡ أَضَلُّ مِمَّنۡ هُوَ فِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ (٥٢) سَنُرِيهِمۡ
ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ
أَوَلَمۡ يَكۡفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ (٥٣) أَلَآ إِنَّهُمۡ
فِي مِرۡيَةٖ مِّن لِّقَآءِ رَبِّهِمۡۗ أَلَآ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءٖ مُّحِيطُۢ (٥٤)

جا ئەو ڕۆژە بانگیان دەکاتو دەفەرموێ: لەکوێن هاوبەشەکانم؟ دەڵێن: پێمان ڕاگەیاندویت کە لەناو ئێمەدا شایەتیەك نیە کە بڵێت: تۆ هاوبەشت هەیەو دان بە هەڵەی خۆیاندا دەنێین، چونکە ئەوە قیامەتەو هەمو شتێکیان بۆ ڕۆشن بوەتەوە.

(٤٨) جا ئەوانەی کە لە پێشدا هاواریان لێ دەکردنو دەیان پەرستن وا ئێستا لێیان گوم بوونو دڵنیا بوون کە هیچ پەناگایەکیان نیەو بێ چارەو بێ دەرتانن.
جا پێم بڵێن: ئەوانەی کەتۆلەدنیادا پەنایان بۆدەبەیتو پێت وایە دەتوانن لەدوارۆژدا بێن بەهاوارتانەوە ئەوانە هەرخۆیا خودان یان غەیری خودان؟ ئەگەر دەڵێن: ئەوانیش هەرخودان ئەوەئیتر قسەمان لەگەڵتان نیە ئەوەندە کوفرەکەتان گەورەو ئاشکرایە، وەئەگەر دەشڵێن: غەیری خودان دەی بەوە دەبێت بە موشریكو هاوەڵ دانەر بۆخوداو بە بێ تەوبە کردنو پەشیمان بونەوە لەو تاوانە خوا عەفوت ناکات، دەی ژیر بەو بە درۆو دەلەسەی دنیا بەدینخۆران خۆت شەرمەندەی خواو پاشەرۆژت مەکە .

(٤٩) مرۆڤ لە داواکردنی ماڵو تەندروستیو شتی چاك وەڕس نابێت خۆ ئەگەر زیانێکی توش هات ئەوسا وا نائومێدو داماو دەبێت کە بە سەرو سیمایدا دەردەکەوێت.

(٥٠) جا ئەگەر پاش ئەو زیانەی کە توشی هاتووە تامی خۆشیمان پێ چەشتو بارودۆخی ژیانمان بۆچاك کرد بە دڵنیاییەوە دەڵێت: ئەمە بۆ منە، واتە: خۆم شایستەی ئەمەمو وا دەزانم کە قیامەت نایەتو ئەگەر وەکو پێغەمبەران دەڵێن راست بو گەڕێنرامەوە بۆ لای پەروەردگارم ئەوە لەوێش هەر چاکترم بۆ هەیە، ئەم مرۆڤە نەزانو خۆ پەسەندە، وا دەزانێ چۆن لە دنیادا چاکەی لەگەڵدا کراوە هەروەها پاشە ڕۆژیش وا دەبێت،

بێ ئاگایە لەوەی کە چاکەی ژیانی دنیا تەنها بۆ تاقیکردنەوەیەو هیچی تر جا کێ لەم تاقیکردنەوەدا دەرچو ئەوە لە قیامەتیشدا سەرفەرازەو کێیش دەرنەچو ڕیسواو شەرمەندەیە، ئەوەتە کە پەروەردگار لە وەڵامی ئەو بۆچونە هەڵەدا دەفەرموێ: ئەوسا بە دڵنیاییەوە بەو کەسانەی کە خوانەناس بون هەواڵی ئەو کردارەیان پێ دەدەین کە کردویانەو سزای چڕو پڕو توندیان پێ دەچەژین.

(٥١) خۆ هەر کاتێك کە فەڕو بەرەکەتی خۆمان بەسەر مرۆڤدا بڕێژین لەجیاتی سوپاس کردندا لە خۆی بایی دەبێتو گوێ بە ئایین ناداتو بە لوت بەرزیەوە لای تێ دەکات، ئەوسا هەر کاتێکیش دوچاری زیانو ناخۆشی ببێت خاوەنی پاڕانەوەی پانو بەرینە.

(٥٢) بڵێ: پێم بێژن ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن پەروەردگارەوە بێتو پاشان ئێوە باوەڕی پێ نەکەن، کێ گومڕاترە لەو کەسەی کە لە بارەی ئەم قورئانەوە لە ناڕێکیو دڵەڕاوکێیەکی زۆر دوور لە ڕاستی دابێت؟ هیچ کەس. ئینجا پەروەردگار دەفەرموێ:

(٥٣) بەم زوانە لەم بونەوەرەو لەناو خودی خۆیاندا نیشانەکانی خۆمانیان پیشان دەدەین تا ڕۆشن ببێتەوە بۆیان کە بێگومان ئەو زاتە ڕاستەو تاك وتەنیایەو هاوەڵی نیە، ئایا هەروا دژایەتیت دەکەن؟ ئەی پەروەردگارت بەس نیە بۆ تۆ لە حاڵێکدا کە هیچ گومانی تێدا نیە ئەو ئاگادارە بەسەر هەموو شتێکدا؟

(٥٤) بزانن کە بێگومان ئەوانە لە گەیشتن بە پەروەردگاری خۆیان بۆ حیسابو پاداشتو سزا لە گومان دان، بزانن کە بێگومان ئەو گەمارۆی هەمو شتێکی داوە بەجۆرێك کە هیچ شتێك لە دەرەوەی بازنەی زانیاریو دەسەڵاتی ئەودا نیە. دەڵێن: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز چوە سەر دوانگەو سوپاسو ستایشی (ﷲ)ی کردو وتی: لەپاشدا، ئەی خەڵکینە من ئێوەم کۆ نەکردوەتەوە بۆ ئەوەی باسی ڕوداوێکتان بۆ بکەم بەڵام بیرم لە هاتنی قیامەتو حیسابو کیتابێك کردەوە کە ئێوە بۆی دەچن،

جا زانیم ئەوەی باوەڕی بەمە هەیە ساویلکەو کەم عەقڵە، ئەوەیش کە باوەڕی پێ ناکات لەناوچوە، چونکە ئەوەی کەباوەڕی پێی هەیە پاڵی لێ داوەتەوەو بەگوێرەی پێویست بۆی هەوڵ نادات کەواتە کەم عەقڵە، ئەوەیش کە باوەڕی پێی نەبێ ئاشکرایە کە لەناو چوە.

(٤٢) سورەتی شورا (٥٣)

سورەتی شورا بە ئەلف‌ولامەوە کە سورەتی چل‌و دووهەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، پەنجاو سێ ئایەتە، هەندێك دەڵێن ئایەتی ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰ﴾ بە سێ ئایەتی ترەوە لە مەدینەدا هاتۆتە خوارەوەو بە سورەتی حم عسق، سورەتی عسق، سورەتی حم سق‌و سورەتی شورا بەبێ ئەلف لام ناو دەبرێت. وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی شەست‌ونۆهەمەو پاش سورەتی (الكهف) و پێش (إبراهيم) دابەزیوە.

بەناوی الله ی زۆربەسۆز و بێنیهایەت میهرەبان

(١) (٢) حا ،میم. عین، سین، قاف، هەر خوا خۆی دەزانێت مەبەست چیە لەم پیتانە.

(٣) هەر ئاوایە بۆ لای تۆو لای ئەو کەسانەش کە لە پێش تۆدابون (الله)ی بە دەسەڵات‌و دانا وەحی کردوەو پەیامی خۆی بۆ ناردون. حاریسی کوڕی هیشام پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد کە چۆن وەحیت بۆ دێت فەرموی: {أَحْيَانًا يَأْتِينِي مِثْلَ صَلْصَلَةِ الْجَرَسِ وَهُوَ أَشَدُّهُ عَلَيَّ فَيُفْصَمُ عَنِّي وَقَدْ وَعَيْتُ عَنْهُ مَا قَالَ وَأَحْيَانًا يَتَمَثَّلُ لِي الْمَلَكُ رَجُلًا فَيُكَلِّمُنِي فَأَعِي مَا يَقُولُ قَالَتْ عَائِشَةُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا وَلَقَدْ رَأَيْتُهُ يَنْزِلُ عَلَيْهِ الْوَحْيُ فِي الْيَوْمِ الشَّدِيدِ الْبَرْدِ فَيَفْصِمُ عَنْهُ وَإِنَّ جَبِينَهُ لَيَتَفَصَّدُ عَرَقًا /متفق عليه/ هەندێ جار وەحیم بۆ دێت وەکو دەنگی جەرەس کە ئەوە زۆر سەختە لەلام جا کە جیا دەبێتەوە لێم لە کاتێکدا کە ئەوەی کە وتویەتی لەبەرم کردوە، وە هەندێ جاریش ئەو فریشتەیە (جبرەئیل) وەکو پیاوێك دێتە لام‌و قسەم لەگەڵدا دەکات، جا لەبەری دەکەم ئەوەی کە دەیڵێت، عائیشە دەیوت: بەراستی دیومە کە وەحی بۆ هاتوە ﷺ لە ڕۆژێکی زۆر ساردا کاتێك کە لێی جیا دەبویەوە عارەق بەناو چاوانیدا دەتاهە خوارەوە}. ئینجا دەفەرموێ:

(٤) ئەوەی لە ناو ئاسمانان‌و لەناو زەویدایە هەموی هەرموڵکی ئەو زاتەیەو هەر خۆی پایە بەرزو گەورەیە.

(٤٢) سُورَةُ الشُّورَىٰ (٥٣)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
حمٓ (١) عٓسٓقٓ (٢) كَذَٰلِكَ يُوحِيٓ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ
ٱللَّهُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (٣) لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ
ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ (٤) تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرۡنَ مِن فَوۡقِهِنَّۚ
وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِمَن فِي
ٱلۡأَرۡضِۗ أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ (٥) وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ
مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيۡهِمۡ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ
(٦) وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ
حَوۡلَهَا وَتُنذِرَ يَوۡمَ ٱلۡجَمۡعِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ فَرِيقٞ فِي ٱلۡجَنَّةِ وَفَرِيقٞ فِي
ٱلسَّعِيرِ (٧) وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَهُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن يُدۡخِلُ
مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦۚ وَٱلظَّٰلِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ (٨)
أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۖ فَٱللَّهُ هُوَ ٱلۡوَلِيُّ وَهُوَ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَهُوَ
عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ (٩) وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ
إِلَى ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّي عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ (١٠)

(٥) ئاسمانان لە ترسی (الله) خەریکە بەسەریەکدا شەق‌و پەق ببێت‌و فریشتەکانیش لەگەڵ سوپاسی پەروەردگاریاندا پاك‌و خاوێنی‌و بێ عەیبی ئەو باس دەکەن‌و بۆ ئەوانەش کە لەسەر زەویدان، داوای لێ بووردنیان بۆ دەکەن، جا بزانن کە بێگومان (الله) هەر خۆیەتی لێ بوردە لە تاوانی بەندەکانی‌و بە بەزەیشە بۆیان.

(٦) جا ئەو کەسانەی کە جگە لە ئەو زاتە بۆ خۆیان دۆستانێکی تر دەگرن‌و دەیان پەرستن، (الله) ئاگای لێیانەو تۆ زامنیان نیت. وە ئۆباڵی کرداری ناپەسندی خۆیان لەسەر شانی خۆیانەو تۆ هەر ترسێنەرێکی بۆ ئەوان‌و (الله) بەسەریاندا زاڵەو دەزانێ چی دەکەن.

(٧) جا هەرئاوەها قورئانێکی عەرەبیمان ناردە لات تا تۆ خەڵکی مەکەو ئە کەسانەی چواردەوری لە سزای (الله) بترسێنی، وە هەروەها خەڵك لە ڕۆژی کۆکردنەوەی هەمو دروستکراوەکان کە ڕۆژی حیساب‌و پردو دۆزەخە بترسێنی کە هیچ گومان لە هاتنی ئەو ڕۆژەدا نیە، جا خەڵك جیا دەکرێنەوە هەندێك بۆ بەهەشت‌و تاقمێکیش بۆ ناو دۆزەخ‌و ئاگری داغ‌و سوتێنەر.

فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا
وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ أَزْوَٰجًا ۖ يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ ۚ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ
وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾ لَهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ
يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ ۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١٢﴾
۞ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ
إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ ۖ أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ
وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ ۚ كَبُرَ عَلَى ٱلْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ۚ ٱللَّهُ
يَجْتَبِىٓ إِلَيْهِ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ وَمَا
تَفَرَّقُوٓا۟ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۚ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ
سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى لَّقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ
أُورِثُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِنۢ بَعْدِهِمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿١٤﴾
فَلِذَٰلِكَ فَٱدْعُ ۖ وَٱسْتَقِمْ كَمَآ أُمِرْتَ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ ۖ
وَقُلْ ءَامَنتُ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِن كِتَٰبٍ ۖ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ
بَيْنَكُمُ ۖ ٱللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ ۖ لَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ ۖ
لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ۖ ٱللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا ۖ وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٥﴾

(٨) وه ئەگەر (ﷲ) ئارەزوی لێ بووایە دەیکردن بە یەك گەلو لەسەر یەك ئایین کە ئیسلامە بەڵام ﷲ خەڵکی سەرپشك کردوە لە هەڵبژاردنی ڕێگای باشو خراپ تا چاکان بەهۆی کاری چاکیانەوە بخاتە ناو بەهەشتەوەو خراپانیش بۆ دۆزەخ، ئەوسا ستەمکاران هیچ دۆستو یارمەتی دەرییەکیان نیە نە لە دنیاداو نە لە دوارۆژدا.

(٩) ئایا جگە لەو زاتە کەسێکی تر دەکەن بە دۆست بۆخۆتان لەحالێداکە (ﷲ) خۆی یارمەتی دەری باوەڕدارانەو هەر خۆیەتی کە مردوان زیندو دەکاتەوەو هەر ئەو زاتەیە توانای بەسەر هەمو شتێکدا هەیە؟

(١٠) جا لەسەر هەر شتێك ڕێك نەکەوتنو ناکۆکی کەوتە نێوانتانەوە ئەوسا بڕیاری یەکلاکردنەوەی ئەوە هەر لەلای (ﷲ)یەو نابێ بەرەو جێگاو کەسی تر بڕۆن، ئەو (ﷲ)یەی کەباسی ئەکەم پەروەردەگارمە، هەر بەو زاتەش پشت دەبەستمو هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوەو هەمو بڕیارێك هەر لەو وەردەگرم.

(١١) ئەو زاتەدروستکەری هەمو ئاسمانانو زەوییەو لەخۆتان هاوسەرانی بۆ دروستکردونو لە چوار پێیانیش نێرو مێی داناوە، تا بەهۆی ئەو جوتەوە زۆرتان بکات، هیچ شتێك وێنەی ئەو نیەو هەر خۆی بیسەری هەمو گوفتارێکەو بینەری هەمو ڕەفتارێك.

(١٢) کلیلی هەمو کاروبارەکانی ئاسمانانو زەوی هەر بە دەست ئەوە کە بۆ هەر کەسێك ئارەزوی لێ بێت ڕۆزی فرەوان دەکاتو دەیشیگرێتەوە لەوکەسەیش کەئارەزوی لێ بێت، بێگومان کە ئەو بەسەر هەمو شتێکدا زانیاری زۆرە. جا ئەو زیادو کەمییەی نێوانی خەڵك هەموی دادپەروەرانەو دانایانەیەو لەسەر بناغەی ئەو زانیاریە زۆرەی خۆیەتی.

(١٣) ﷲ ئایینێکی بۆداناون کە هەر ئەوەیە بەنوحیشی را سپاردوە،وە ئەوەی کە ئێمە ناردومانە لای تۆ و ئەوەی کە ئامۆژگاری ئیبراهیمو موساو عیسامان پێ کردوە ئەوەیە کە: ئەم ئایینەی کە بۆم ناردوون دەستی پێوە بگرنو بەش بەش مەبن تێیدا، واتە ئایینی پێغەمبەران هەر لە ئادەمەوە هەتا خاتەم لە بنەڕەتا یەکنو هیچ جیاوازیەکی تێدانیەو لە لقو پۆپدا جیاوازیان هەیەو بە پەیڕەوانی هەمویشیان وتراوە بەش بەش مەبن، چونکە ئەو بەش بەشیە سەرەڕای لاوازبونو سەرشۆڕی لەدنیادا دەبن بە حیزبو پێڕو شەخس پەرستو دەچنە ڕیزی موشریکانەوە، بۆیە بەدوای ئەو قەدەغە کردنی بەش بەشیەدا دەفەرموێ: ئەوەی کەتۆ بانگیان دەکەیت بۆ لای کە دەست گرتن بە ئایینو بەش بەش نەبونە سەختە لەلای هاوبەش دانەران، (ﷲ) ئارەزوی لەهەر کەسێك هەبێت هەڵیدەبژێرێتو هەر کەسێکیش بە دڵ بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو ڕێنمایی دەکاتو دەیگەیەنێت بە خۆشبەختی هەتاهەتایی.

(١٤) جا ئەمانە پارچە پارچە نەبون مەگەر پاش ئەوەی کە زانیاری باشیان هاتبوە لا کە ئایینی ئیسلامە ئەمەش تەنها لەبەر ئیرەیی و دوژمنایەتی ئەم دینەبو نە شتێکی تر، چونکە هەمویان لەپێشدا یەك دەنگ بون کە ئەگەر پێغەمبەرو ئایینی تازە هات بەدڵو بەگیان وەری دەگرین بەڵام کاتێك کە هات لەبەر ئیرەیی ئاوایان بەخۆیان کرد، خۆ ئەگەر بڕیاری پەروەردگارت پێش نەکەوتایە بە

وَٱلَّذِينَ يُحَآجُّونَ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ٱسۡتُجِيبَ لَهُۥ حُجَّتُهُمۡ
دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمۡ وَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ وَلَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٌ
(١٦) ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ وَٱلۡمِيزَانَۗ وَمَا يُدۡرِيكَ
لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٞ (١٧) يَسۡتَعۡجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ
بِهَاۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مُشۡفِقُونَ مِنۡهَا وَيَعۡلَمُونَ أَنَّهَا ٱلۡحَقُّۗ
أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِي ٱلسَّاعَةِ لَفِي ضَلَٰلِۭ بَعِيدٍ (١٨)
ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ
(١٩) مَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلۡأٓخِرَةِ نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦۖ وَمَن
كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِن
نَّصِيبٍ (٢٠) أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ
مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةُ ٱلۡفَصۡلِ لَقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۗ
وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ (٢١) تَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ
مُشۡفِقِينَ مِمَّا كَسَبُواْ وَهُوَ وَاقِعُۢ بِهِمۡۗ وَٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي رَوۡضَاتِ ٱلۡجَنَّاتِۖ
لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمۡۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡكَبِيرُ (٢٢)

دواخستنی سزا، هەر زۆر زوو کاریان بە سزادان یەکسەر دەکرایەوە بێگومان ئەوانەی کە پەڕاوی خودا یان بۆ بەجێما تێیدا کەوتنە گومانەوەو دوودڵ بون لێی.

(١٥) جا لەبەر ئەمە تۆش بانگی خەڵك بکە بۆ ئەم ئایینەو ڕاستو دروست لەسەری بوەستەو ئەم لاو ئەولا مەکە وەکو چۆن فرمانت پێ کراوە،وە پەیڕەوی لە ئارەزۆی ئەوان مەکەو بڵێ: باوەڕم هەیە بەو پەڕاوانەی کە (ﷲ) ڕەوانەی کردونو فرمانم پێ کراوە کە بە دادپەروەرانە هەڵسو کەوتتان لەنێواندا بکەم، (ﷲ) پەروەردگارمانەو پەروەردگارتانە، کرداری خۆمان هەر بۆ خۆمانو کرداری خۆتان هەر بۆ خۆتان، لەنێوان ئێمەو ئێوەدا هیچ بەڵگەیەك نیە کە باس نەکرابێت، (ﷲ) لەگەل یەکدا لە قیامەتدا کۆمان دەکاتەوە، خۆسەرەنجام هەر بۆ لای ئەویشە گەرانەوەمان.

(١٦) جا ئەو کەسانەی کە دەمە دەمە دەکەن لەزاتی (ﷲ)دا دوای ئەوەی کە وەڵامی دراوەتەوەو کەسانێك بەو باوەڕیان هێناوە بەڵگەکانیان پوچو هەڵوەشاوەیەو ڕقو تورەیی پەروەردگاریان وەکو چادرێك لەسەرەو سزایەکی سەختیان بۆ هەیە لەسەر ئەو دەمەدەمەو دژایەتی کردنەیان.

(١٧) (ﷲ) ئەو زاتەیە کە تەواوی پەڕاوەکانی ڕەوانە کردوەکە سەراپا حەق وراستنو میزانیشی ناردوە تا خەڵکی فێری دادپەروەری ببن لەکێشانە وپێوانەو تەواوی بڕیارو کاروبارياندا، وە تۆ نازانیت؟ لەوانەیە کاتی هاتنی ڕۆژی دوایی نزیك بێت.

(١٨) جا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەو ڕۆژە نیە بەپەلەن بۆ هاتنیو بە گاڵتەوە چونکە بەڕاستی نازانن داوای هاتنی دەکەن بەڵام ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەو ڕۆژە هەیە لێی دەترسنو دەزانن کە ئەو ڕۆژە ڕاستەو دێت بەسەر ئەم مرۆڤ و بونەوەرەدا، بزانن بێگومان ئەو کەسانەی کە لە بارەی هاتنی قیامەتەوە گومانیان هەیە وان لەسەر لێ شێواوییەکی دوور لە ڕاستیداو زۆر نابات پەشیمان دەبنەوە، بەڵام ئەو کاتە پەشیمانی بێ سوودە بۆیان.

(١٩) (ﷲ) بە لوتفو بەسۆزە بۆ بەندەکانی، ئەو رۆزی دەدات بەوەی کە ئارەزۆی لێیەتی، جا هەر خۆی بە تواناو دەسەڵاتدارەو هەر شتێ ئارەزۆی لێ بێت دەیکاتو هیچ بەربەرستێك ناتوانێ ڕێگای پێ بگرێت.

(٢٠) هەر کەسێك بەو کارو تەلاشەی دنیای خۆی دەسکەوتی ڕۆژی دوایی مەبەست بێت ئێمە ئەو نائومێد ناکەینو بەشی دەدەینو بۆیشی زیاد دەکەین، وە هەر کەسێکیش هەر دەسکەوتی دنیای مەبەست بێت هەندێکی لەوە پێ دەدەینو لە ڕۆژی دواییدا هیچ بەشێکی تری نیە.

(٢١) ئایا ئەوان هاوبەشانێکیان هەیە کە ئایینیان بۆ دانابنو پەیڕەوی لێ بکەن لە حاڵێکدا کە (ﷲ) ماوەی بەوە نەداوە کە جگە لە بەرنامەی خۆی بەرنامەیەکی تر هەڵبژێرنو پەیڕەوی بکەن، ئەوسا ئەگەر دواخستنی بڕیاری جیاکەرەوەی حەقو ناحەق زووتر لەلایەن (ﷲ)وە نەدرایە کە ماوەیان پێ بدرێت تا دەگەن بە کاتی خۆی بەبێشك دەمێك بوو لەنێوانیاندا بە سزاو تۆڵە لێ سەندنیان ئیش کۆتایی پێ هاتبو. کەواتە ئەوانەی کە ئەمرۆ یاساو بەرنامە بۆ خۆیان دادەنێن بە هەر ناوێکەوە

ذَٰلِكَ ٱلَّذِي يُبَشِّرُ ٱللَّهُ عِبَادَهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِۗ قُل لَّآ
أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰۗ وَمَن يَقۡتَرِفۡ حَسَنَةٗ نَّزِدۡ
لَهُۥ فِيهَا حُسۡنًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ شَكُورٌ ٢٣ أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ
كَذِبٗاۖ فَإِن يَشَإِ ٱللَّهُ يَخۡتِمۡ عَلَىٰ قَلۡبِكَۗ وَيَمۡحُ ٱللَّهُ ٱلۡبَٰطِلَ وَيُحِقُّ ٱلۡحَقَّ
بِكَلِمَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ٢٤ وَهُوَ ٱلَّذِي يَقۡبَلُ ٱلتَّوۡبَةَ
عَنۡ عِبَادِهِۦ وَيَعۡفُواْ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ٢٥
وَيَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦۚ
وَٱلۡكَٰفِرُونَ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٞ ٢٦ ۞ وَلَوۡ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزۡقَ
لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٖ مَّا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ
خَبِيرُۢ بَصِيرٞ ٢٧ وَهُوَ ٱلَّذِي يُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ مِنۢ بَعۡدِ مَا قَنَطُواْ
وَيَنشُرُ رَحۡمَتَهُۥۚ وَهُوَ ٱلۡوَلِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ٢٨ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٖۚ وَهُوَ عَلَىٰ جَمۡعِهِمۡ
إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٞ ٢٩ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا
كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ٣٠ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ
فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ ٣١

بێت ئەگەر بە زوویی تۆڵەیان لێ وەرناگیرێت با دڵخۆش نەبن بە کارەکانیان‌ولەخۆیان بای نەبن، (ﷲ) ماوە دەدات بە هەمو مرۆڤێك جا بە چاکەوە خەریك بێت یان بە خراپەوە تا کاتی دیاریکراوی دێت جا ئەوکاتە چاکە بە چاکە پاداشت دەداتەوەو خراپەیش بە سزاو ئاگری دۆزەخ جا بەڕاستی ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە بەرنامەو یاسایانە دادەنێن‌و پەیڕەوی لێوە دەکەن پێشەکی ستەم لە خۆیان‌و پاشان لە خەڵکیش بۆیە پەروەردگار بە ستەمکار ناویان دەبات‌و دەفەرموێ: بێگومان سزای بەژان هەیە بۆ ستەمکاران.

٢٢ ئەی بینەر لە ڕۆژی دواییدا تۆ دەبینی ستەمکاران لە سزای کاری خۆکردەیان دەترسن خۆ ئەو سزایەش تازە هاتوەتە سەریان‌و دەرچونیان نیە، وەلەولایشەوە دەبینی، ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە لەناو شوێنە سەیرانگاکانی باخچەکاندان‌و ئەوەی کە خۆشیە لە نازو نیعمەت لەلایەن پەروەردگاریانەوە هەیانە، ئەوە هەر خۆی بەخششێکی گەورەیە بە خەڵات پەروەردگاریان بەوانی دەبەخشێت. جا بیر بکەرەوە بزانە تۆ لە کامیانی، ڕێبازی خوای گەورەو میهرەبانت هەڵبژاردوەو جگە لەو بە هیچ یاسایەکی تر ڕازی نابی یان بە پێچەوانە خۆتت داوە بە دەست واقیعی نالەبارەوەو هەر ڕۆژێك لەسەر پەتێك یاری دەکەیت‌و خۆیشت بە موسڵمان دەزانی؟! ئەمە قسەی خوایەو لە خوا بترسەو دنیا فریودەرەو بۆ کەس نامێنێ.

٢٣ ئەوە ئەو موژدەیە کە (ﷲ) دەیدات بەو بەندانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان ئەنجام داوە، ئەی محمدﷺ بڵێ: من داوای هیچ پاداشتێکتان لێ ناکەم لەسەر ئەم بانگەوازە، بەڵام ئەمەوێت دژایەتیم نەکەن‌و ئەو پەیوەندیە خزمایەتیە کە لە نێوانماندایە نەیبچڕێنن، خۆ هەر کەسێکیش چاکەیەك بکات ئێمە چاکەکەی بە زیاترەوە پاداشت دەدەینەوە، بێگومان (ﷲ) چاوپۆشی کەرە لە تاوانی بەندەکانی‌و پاداشت دەرەوەیە بە زیادەوە لەسەر چاکەکانیان‌و چاکەیان ناخاتە پشتگوێ‌و هیچ کەسی لەبیر ناچێتەوە. سەبارت بەمەبەستی ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰ﴾ لە عەبدوڵا ی کوڕی عەباس پرسیار کرا سعید کوری جوبەیر پێش ئەو وەڵامی داوەو وتی:مەبەست خۆشەویستی خزمەکانی پێغەمبەرەﷺ ،عەبدوڵای کوڕی عباس وتی: پەلەت کرد چونکە هیچ هۆزێکی قورەیش نیە کە خزمایەتی لەگەڵ پێغەمبەرداﷺ نەبوبێت، بەڵام مەبەست ئەوەیە کە:{ فَنَزَلَتْ عَلَيْهِ إِلَّا أَنْ تَصِلُوا قَرَابَةً بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ / البخاري/ ئەو ئایەتە دابەزیوەتە سەری واتە: ئەگەر باوەڕیشم پێ ناکەن، من هەر ئەوەم دەوێت کە پەیوەندی خزمایەتی نێوانمان نەبچڕێنن}.

٢٤ ئایا ئەمانە دەڵێن پێغەمبەر ﷺ درۆ بەدەم (ﷲ)وە دەکات، جا ئەگەر (ﷲ) ئارەزۆی لێ بێت دڵت مۆر دەکات کە هیچ وەرنەگرێت‌و لە هیچ حاڵی نەبێت، خۆ(ﷲ) بە فرمانی خۆی شتی پڕوپووچ لەناو دەبات‌و ڕاستی دەچەسپێنێ، بەڕاستی ئەو هەرچی لەناو دڵەکاندایە دەیزانێت. واتە: محمد ﷺ هیچی لێ ناکرێت لەسەر ئەم قسانەی کە بەلای ئێوەوە راست نیە، بەڵکو بەڕاست‌و ڕەوان ئەم پەیامە دەگەیەنێت چاك بزانن‌و دڵنیابن کە محمد

وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلْجَوَارِ فِى ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَٰمِ ﴿٣٢﴾ إِن يَشَأْ يُسْكِنِ ٱلرِّيحَ
فَيَظْلَلْنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهْرِهِۦٓ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ
﴿٣٣﴾ أَوْ يُوبِقْهُنَّ بِمَا كَسَبُوا۟ وَيَعْفُ عَن كَثِيرٍ ﴿٣٤﴾ وَيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ
يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ ﴿٣٥﴾ فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَىْءٍ فَمَتَٰعُ
ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ
يَتَوَكَّلُونَ ﴿٣٦﴾ وَٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ وَإِذَا مَا
غَضِبُوا۟ هُمْ يَغْفِرُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ
وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ
ٱلْبَغْىُ هُمْ يَنتَصِرُونَ ﴿٣٩﴾ وَجَزَٰٓؤُا۟ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا ۖ فَمَنْ عَفَا
وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ
بَعْدَ ظُلْمِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَا عَلَيْهِم مِّن سَبِيلٍ ﴿٤١﴾ إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ
يَظْلِمُونَ ٱلنَّاسَ وَيَبْغُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ
عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤٢﴾ وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ
﴿٤٣﴾ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن وَلِىٍّ مِّنۢ بَعْدِهِۦ ۗ وَتَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ
لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ يَقُولُونَ هَلْ إِلَىٰ مَرَدٍّ مِّن سَبِيلٍ ﴿٤٤﴾

پێغەمبەری خوایەو پەیامەکەی ڕاستو دروستەو لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆی رەوانە کراوە.

﴿٢٥﴾ جا هەر ئەو زاتەیە کە پەشیمانی لە بەندەکانی خۆی قەبوڵ دەکاتو لە خراپەکان چاوپۆشی دەکاتو دەزانێ بەوەی کە دەیڵێنو دەیکەن. سەبارەت بە پەشیمان بونەوە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: { لَلّهُ أشَدُّ فَرَحاً بِتَوبَةِ عَبدِهِ مِن أحَدِكُم يَجِدُ ضَالَّتَهُ في المَكَانِ الَّذِي يَخَافُ أنْ يَقتُلَهَ فِيهِ العَطَشُ /مسلم/ بێگومان کە (ﷻ)زۆر کەیفخۆشترە بە پەشیمان بوونەوەی بەندەی خۆی لەو کەسەی ئێوە کە وشتری ونبوی خۆی بەئاوو خواردنەوە دەستکەوێتەوە لە جێگایەکدا کە ترسی ئەوەی هەبێت لە تینویەتیدا بمرێت، ئەگەر دەستی نەکەوتایەوە}.

﴿٢٦﴾ خۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان ئەنجام داوە (ﷻ) نزایان لێ وەردەگرێتو بە هانایانەوە دێتو لە چاکەی خۆیشیان زیاتر پاداشتیان پێ دەداتەوە، وە بۆ ئەو کەسانەی کە خوانەناسن سزای توند هەیە.

﴿٢٧﴾ دەڵێن: ئەو کۆمەڵە هاوەڵە هەژارانەی کەبەناو (أصحاب الصفه) بەناوبانگ بون ئاواتیان دەخواست کە ئەگەر خوا ماڵی پێ بداینایە ئاواو ئاوامان دەکرد، جا ئەم ئایەتە دابەزی. واتە: ئەگەر (ﷻ) بژێوی بەبێ سەروبەر بدایە بە بەندەکانی لەم سەر زەویدا هەمو لە خۆبایی دەبونو ستەمیان دەکردو هەرگیز تێر نەدەبون، بەڵام ئەو بەو ئەندازەی کە خۆی دەیەوێتو بەسودی بەندەکانیەتی ڕەوانەی دەکات، بێگومان کە ئەو زۆر بەئاگایە بەناو دەرونی مرۆڤەکانو بینەری کردارەکانیانە.

﴿٢٨﴾ جا هەر ئەوە کە لەپاش نائومێد بونی خەڵك لەباران، باران ڕەوانە دەکاتو خەیرو فەڕی خۆی بڵاودەکاتەوە، وەهەر خۆیەتی کە بەدڵسۆزیەوە سەرپەرشتی مرۆڤ دەکات، کەزۆر سوپاس بۆ کراوە.

﴿٢٩﴾ خۆ هەندێکی تر لە بەڵگەکانی دەسەڵاتو هێزو زاناییو ئاگایی ئەو زاتە دروستکردنی ئاسمانانو زەوییە، وەئەو هەمو جانەوەرانەیش کە لەناویاندا بڵاوی کردونەتەوە، ئەوسا هەر خۆیشی هەر کاتێ ویستی دەسەڵاتی هەیە بەسەر کۆکردنەوەیاندا.

﴿٣٠﴾ جا هەر تەنگ و چەڵەمەیەکتان دووچار بوبێت هەر بە بۆنەی تاوانی خۆتانەوەیەو لە زۆریك لە تاوانەکانتان چاوپۆشی دەکات. کەواتە پەروەردگار لە زۆرێك لە تاوانەکان کە مرۆڤ دەیکەن چاوپۆشی دەکات بەڵام هەندێکیتر دەبن بەهۆی دوچار بونی بەڵاو کۆسپ بۆ مرۆڤ، وە ئەم بەڵاو تەنگانە لە ڕاستیدا خۆی جۆرێکە لە لێبوردنی پەروەردگار تاکو بە وەرگرتنی تۆڵە لە بەندەکانی لەم دنیادا تۆڵەی ئەو دنیایان لەسەر نەمێنێ، وەك پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {مَا مِنْ شَيْءٍ يُصِيبُ الْمُؤْمِنَ حَتَّى الشَّوْكَةِ تُصِيبُهُ إِلَّا كَتَبَ اللَّهُ لَهُ بِهَا حَسَنَةً أَوْ حُطَّتْ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ /مسلم/ باوەڕدار هیچ گرفتارییەکی توش نابێت تەنانەت دڕکێك کەبەلەشیدا بچێت مەگەر خوای گەورە چاکەیەکی بۆ تۆمار بکات یان خراپەیەکی لەسەر لابدات} کەواتە گرفتارییەکانی دنیا بۆ باوەڕداران هەر خەیرو چاکەیە هەر چەند لە رواڵەتا بارێکی سەختو گران بێت.

(٣١) خۆ ئێوه ناتوانن لەم سەر زەویەدا خۆتان لە دەست (ﷲ) ڕزگار بکەنو خۆتان حەشار بدەن، ئەوسا جگە لە (ﷲ)یش هیچ دۆستو یارمەتی دەرێکتان نیه، واتە: ژێر بنو لەو بترسنو دەست بە ڕێبازی ئەوزاتەوەبگرن تا یارمەتیتان بداتو بێت بە هاناتانەوە.

(٣٢) جا هەندێکی تر لە نیشانەکانی هێزو دەسەڵاتی ئەوزاتە ئەو کەشتیە گەورەو گرانانەن کە وەکو چیا لە دورەوە دیارنو بە ناو دەریاکاندا دێنو دەڕۆن بۆ ئازو گویاز کردنو هێنانو بردنی کەلو پەلی پێویست لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر.

(٣٣) ئەگەر خوا ئارەزۆی لێ بێت با دەوەستێنێ، ئەوسا ئەو کەشتیانە لەسەر ئەو ئاوەی دەریا دەوەستن. پێم خۆشە ئەمە کەمێ ڕۆشنتر بکەمەوە، کاتی خۆیو ئەو سەردەمەی کە ئەم قورئانەی تێیدا دابەزیوە ئەو کەشتیە گەورانە بەهۆی باوە گەشتو گەڕانیان پێ کراوە کە ئاگرو بەنزینو گازو شتی تر نەبوە ئێستا لەوانەیە کە کەشتیەکان زۆر زۆر گەورەو گرانتر دروستکراونو بەو شتانە کار دەکاتو با ئەم لاو ئەولای پێ ناکات بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەگەر جوان سرنجی ئایەتەکە بدەین دەبینین دەفەرموێ: ئەگەر ئارەزۆی لێ بێت ئەو بایە دەوەستێنێ، جا ئەو کاتە کەشتیەکانیش دیسان ناتوانن هاتوچۆ بکەن، چونکە ئەگەر با بوەستێت نەك ئاگرەکان هیچیان ڕۆشن نابن بەڵکو هەموگیان لەبەرانیش کە هەناسە دەدەن دەخنکێن؟ کەوابو پێك هاتەی قورئان هەروا سادەو ئاسان نیە بەڵکو موعجیزەیەکی گەورەیەو پێویستە زیاتر بە دەقەکانی باوەڕمان جۆش بدەین، ئینجا دەفەرموێ: بێگومان چەندین بەڵگە لەوەدا هەیە بۆ هەمو مرۆڤێکی خۆگرو سوپاسگوزار.

(٣٤) یان بە هۆی کۆششی خراپی خۆیانەوە ئەو کەشتیانە لەناو ببات، کێ دەتوانێ ڕێگای لێ بگرێت؟ خۆ لە زۆر تاوانیش چاوپۆشی دەکاتو مرۆڤ سزا نادات چونکە خاوەنی سۆزو میهرەبانیە بۆ هەمو دروستکراوەکانی کە مرۆڤ لە زۆربەیان بەرێز ترە.

(٣٥) جا تا ئەو کەسانەی کە کێشە دەکەن دەربارەی نیشانەکانی ئێمە بزانن کە هیچ ڕێگایەکی دەرچونیان نیە لەو سزایەی کە لە سەر تاوانەکانیان یەخەیان دەگرێت.

(٣٦) ئەو شتەی کە بە ئێوە دراوە هەر خۆشیەکی ژیانی دنیایەو ئەو شتەی کە لەلای (ﷲ)یەهەر ئەوە چاکەو بە پیتەو دەمێنێتەوە، جا ئەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان هێناوەو هەر بە پەروەردگاری خۆیان پشت دەبەستن.

(٣٧) جا بۆئەو کەسانەیە کە لە تاوانە گەورەکانو داوێن پیسی دوور دەکەونەوەو هەر کاتێکیش ڕقیان هەستێنن، ڕقی خۆیان دەخۆنەوەو عەفوو دەکەن.

(٣٨) خۆ بۆ ئەو کەسانەیە کە وەڵامی پەروەردگاری خۆیانیان داوەتەوەو نوێژ دەکەنو لەنێوان خۆیاندا کاروباریان بە پرسو ڕای یەکترەو لەوەیش کە پێمان داون لەسەروەتو سامان دەبەخشن.

(٣٩) ئەوسا ئەو نیعمەتە هەتا هەتاییە بۆ ئەو کەسانەیە کە هەر کاتێك دەست درێژییەکیان بکرێتە سەر تۆڵە دەسێننەوە.

(٤٠) وە تۆڵەی خراپە هەر خراپەیەکە وەکو خۆیو نابێ زیاتر بکرێت، ئەوسا هەر کەسێکیش چاو پۆشی بکات لەو کەسەی کە ستەمی لێ کردوەو هەوڵی ئاشتی بدات ئەوە پاداشتەکەی لەلای (ﷲ)یە، بێگومان کە ئەو زاتە ستەمکارانی خۆش ناوێت. لە فەرمودەدا هاتوە کە{وما زَادَ الله عَبداً بِعَفوٍ الا عِزاً/ مسلم /ﷲ بەندەی خۆی بە چاوپۆشی هەر بەرز دەکاتەوە}. جا ﷲ دادگەریو تۆڵە سەندنەوەی داناوە لەناو بەندەکانیدا بەڵام ئاشتیو چاو پۆشیو چاکەی بەلاوە خۆشەویست ترە بۆ ناو بەندەکانی.

(٤١) جا ئەو کەسەی کە پاش ئەوەی کەستەمی لێ کراو تۆڵەی سەندەوە ئەوسا ئەوانە هیچ تاوانێکیان لەسەر نیە، چونکە مافی خۆیان وەرگرتوەتەوە. ئەی کێ تاوانبارە؟

(٤٢) تاوان هەر لەسەر ئەو کەسانەیە کە لەم زەویداو بە ملهوڕیو بە ناحەق ستەم لە خەڵك دەکەن ، بۆ ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا سزایەکی بەژان هەیە.

(٤٣) خۆ بەڕاستی ئەو کەسەی کە خۆی دەگرێتو چاو پۆشی دەکات لەو خراپانەی کە بەرامبەری دەکرێت لەحاڵێکدا کە دەتوانێ تۆڵە وەرگرێت ئەوە بەشێکە لە ئاکارو ڕەفتارە گرنگو پەسەندەکان.

وَتَرَىٰهُمۡ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا خَٰشِعِينَ مِنَ ٱلذُّلِّ يَنظُرُونَ
مِن طَرۡفٍ خَفِيّٖۗ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ
خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَأَهۡلِيهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ أَلَآ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ
فِي عَذَابٖ مُّقِيمٖ ٤٥ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنۡ أَوۡلِيَآءَ يَنصُرُونَهُم
مِّن دُونِ ٱللَّهِۗ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن سَبِيلٍ ٤٦ ٱسۡتَجِيبُواْ
لِرَبِّكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِۚ مَا لَكُم
مِّن مَّلۡجَإٖ يَوۡمَئِذٖ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٖ ٤٧ فَإِنۡ أَعۡرَضُواْ
فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظًاۖ إِنۡ عَلَيۡكَ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُۗ وَإِنَّآ إِذَآ
أَذَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِنَّا رَحۡمَةٗ فَرِحَ بِهَاۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةُۢ
بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ فَإِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ كَفُورٞ ٤٨ لِّلَّهِ مُلۡكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثٗا
وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ ٤٩ أَوۡ يُزَوِّجُهُمۡ ذُكۡرَانٗا وَإِنَٰثٗاۖ
وَيَجۡعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًاۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٞ قَدِيرٞ ٥٠ ۞ وَمَا كَانَ
لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوۡ يُرۡسِلَ
رَسُولٗا فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٞ ٥١

٤٤ خۆ هەر کەسێکیش (اللَّهُ) سەری لێ تێك بدات، ئەوسا لەپاش ئەو هیچ دۆستێکی تری نیە ڕێنمایی بکات، جا تۆ دەبینی ستەمکاران کاتێك کە چاویان بە سزا دەکەوێت هاواریان لێ هەڵدەستێتو دەڵێن: ئایا هیچ ڕێگاو چارەیەکمان هەیە بۆ ڕزگاربون لەم سزایە؟ نەخێر تازە پەشیمانیو دان بە تاواندا نان هیچ سوودێکی نیە بۆیان.

٤٥ جا کە دەیانبەنە سەر ئەو ئاگرە تۆ دەیان بینی لە شەرمەزاریدا چاوشۆڕنو بە دزیەوە لەژێرەوە چاوەو چاویانە تا بەڵکو دەرەتانێك بدۆزنەوە بۆ ڕزگاربونیان بەڵام تازە هەمو شتیان لەدەست داوەو ئەو کەسانەش کە باوەڕیان هێناوە دەڵێن: بێگومان لە ڕۆژی قیامەتدا ڕەنجەڕۆ ئەو کەسەیە کە خۆیشیو کەسوکاریشی لەدەست داوە، بزانن کە بێگومان ستەمکاران لەناو سزای هەمیشەیی دانو هەرگیز ڕزگاریان نابێت.

٤٦ وە بۆ ئەوان جگە لە (اللَّهُ) هیچ دۆستێکی تریان نیە کە یارمەتیان بداتو هەر کەسێکیش کە (اللَّهُ) گومڕای کرد، ئەوسا هیچ چارەو ڕێگایەکی تری نیە بۆ ڕزگاریو خۆشبەختی.

٤٧ وەڵامی پەروەردگاری خۆتان بدەنەوەو پەیڕەوی فرمانەکانی بکەن بەر لەوەی کە ڕۆژێ بێت لەلایەن (اللَّهُ)وە کە گەڕانەوەی نیە، جا ئەو کاتە هیچ پەناگایەکتان نیەو ناشتوانن نەحاشای لێ بکەنو نە خۆتان بگۆڕن تا نەناسرێنەوە.

٤٨ جا ئەگەر پشتیان لەم ئایینە کرد، با بیکەن چونکە تۆمان ڕەوانە نەکردوە کە چاودێریان بیت، بێگومان ئێمە هەر کاتێك لەلایەن خۆمانەوە خەیرو خۆشی بدەین بە مرۆڤ بەوە شادمان دەبێت، خۆ ئەگەر بە تەنگو چەڵەمەیەکیش گرفتار ببن بەهۆی کارو تەلاشی خراپی خۆیانەوە، ئەوسا بێگومان ئەو مرۆڤە زۆر سپڵەو نمەك نەناسەو هەمو خۆشیەکانی لە بیر دەچێتەوە.

٤٩ ئاسمانانو زەوی هەر موڵکی (اللَّهُ)یە کەئەوەی ئارەزۆی لێ بێت دروستی دەکات، بە کەسێ کە ئارەزۆی لێ بێت کچ دەداتو بە کەسێکیش کەئارەزۆی لێ بێت کوڕ دەبەخشێ،

٥٠ یان کوڕو کچیان پێ دەداتو ئەوەیش کە ئارەزۆوی لێ بێت نەزۆکی دەکاتو هیچی پێ نادات، بێگومان کە ئەو زۆر زانەرەو زۆر بە دەسەڵاتە، واتە: خەڵکی کردوە بە چوار بەشەوە بەشێك هەر کوڕی پێ دەداتو بەشێك هەر کچی پێ دەداتو بەشێکیش کوڕو کچی پێ دەداتو بەشێکیش هیچی پێ نادات هەروەکو چۆن مرۆڤی بە چوار شێوەی دروستکردوە بەشێکی بێ بابو دایك وەکو ئادەم عليه السلام، وەبەشێکی سەری لای بابی هەیەو بێ دایکە وەکو حەوا، بەشێکی دایکی هەیەو بێ بابە وەکو عیسی عليه السلام بەشەکەی تری لە بابو دایك دروستبون وەکو باقی خەڵکی تر، کەوابو پێویستە هەر خۆی بناسینو هەر بۆئەو بەندایەتی بکەینو هەر لەو داوای ماڵو منداڵ بکەین، چونکە هیچ کەسی تر لەم بارەوە هیچی پێ ناکرێت. ئینجا لە کۆتای سورەتەکەدا دەمان باتەوە بۆ باسی سەرەتای سورەتەکە، کە باسی وەحیەو جۆرەکانیو دەفەرموێ:

٥١ ئەوسا هیچ مرۆڤێك نیە کە (اللَّهُ) لە دنیادا ڕوبەڕو قسەی لەگەڵدا کردبێت مەگەر شتێکی خستبێتە دڵیەوە یان لە پشتی پەردەوە وەکو لەگەڵ موسادا قسەکرا یان

وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ
وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ
وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ
مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلْأُمُورُ ﴿٥٣﴾

سُورَةُ الزُّخْرُفِ ٤٣ — ٨٩

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

حمٓ ﴿١﴾ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا
لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٣﴾ وَإِنَّهُۥ فِىٓ أُمِّ ٱلْكِتَٰبِ لَدَيْنَا
لَعَلِىٌّ حَكِيمٌ ﴿٤﴾ أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكْرَ صَفْحًا
أَن كُنتُمْ قَوْمًا مُّسْرِفِينَ ﴿٥﴾ وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِىٍّ فِى
ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٦﴾ وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِىٍّ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ
﴿٧﴾ فَأَهْلَكْنَآ أَشَدَّ مِنْهُم بَطْشًا وَمَضَىٰ مَثَلُ ٱلْأَوَّلِينَ
﴿٨﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ
خَلَقَهُنَّ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٩﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ
مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠﴾

نێردراوی ناردوە ئەوسا ئەویش بە ئیزنی (ﷲ) ئەو شتەی کەئارەزۆی لێ بوە پێیگەیاندوە، بێگومان ئەوزاتە پایە بەرزو دانایە.

(٥٢) جا هەر ئاوەها وەحیمان کردە لای تۆ بەشێك لە فرمانەکانی خۆمان، هەروەکو ڕۆح چۆن پێویستە بۆ لەش هەر ئاوەها ئەم قورئانەش پێویستە بۆ پاكو خاوێنیوبۆ بوژانەوەی ڕۆح جا هەروەکو چۆن مرۆڤ بەبێ ڕۆح بە مرۆڤ نامێنێت، هەروەها مرۆڤیش بەبێ ئەم قورئانە وەکو مرۆڤ نامێنێت بەڵکو وەکو ئاژەڵەکانی تری لێ دێت هەروەکو ئەمڕۆ ئێمە بە چاوی خۆمان دەبینین، تۆ ئەی محمد ﷺ لەپێشدا نەت دەزانی پەڕاو کامەیەو بڕوا چیە بەڵام ئێمە ئەم پەڕاوەمان کرد بە ڕوناکی تا بە ئەم قورئانە ئەو کەسەی کە ئارەزۆمان لێ بێت لە بەندەکانمان ڕێنمایی بکەینو بیگەیەنینە خۆشبەختی ئەگەر خۆی گێل نەکات، بێگومان تۆ خەڵکی ڕێنمایی دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاست. جا ئەو ڕێگا ڕاستەمان بۆ ئاشکرا دەکاتو دەفەرموێ:

(٥٣) ڕێگای ڕاست ڕێگای (ﷲ)یە ئەو زاتەی کە ئەوەی لە ئاسمانانو زەویدایە هەموی مولکی ئەوە، بزانن کە هەمو کارو بارەکان سەرئەنجام بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە چ لە سەرەتاوەو چ لەکۆتاییدا، وە تەنها خۆیەتی بڕیاریان تێدا دەدات.

سورەتی زوخروف ٤٣ — ٨٩

سورەتی زوخروف کە سورەتی چلوسێ هەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتۆتە خوارەوە، هەشتاو نۆ ئایەتە ، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی شەستو دووهەمەو پاش سورەتی (فصلت) و پێش (الدخان) دابەزیوە.

بەناوی الله ی زۆربەسۆز و بێنیهایەت میهرەبان

(١)(٢) حا،میم.سوێند بەم پەڕاوەی کە ڕۆشنکەروەی ڕاستو ناڕاستو چاكو خراپە.

(٣) بەڕاستی ئێمە ئەو پەڕاوەمان بە زمانی عەرەبی دانا ،بەڵکو ئێوە تێی بگەنو سوودی لێ وەرگرن.

(٤) سا بێگومان ئەو قورئانە لەلای ئێمە لە لەوحولمەحفوزدا تۆمار کراوە، پلەی بەرزە بەسەر هەموو پەڕاوەکانی ترداو پڕیەتی لە دانایيو لێزانی بۆ ئێوە تا پەیڕەوی بکەنو بگەن بە خۆشبەختی دنیاو دوارۆژ، بەڵام ئێوە خۆتانی لێ گێل دەکەنو حەزتان لەو پەڕاوە نیەو نزمیو بێ نرخیتان بۆخۆتان دەوێت بەڵام پەروەردگارتان لەخۆتان دڵسۆزترە پێتانو بە گوێی ئێوە ناکات، وەك دەفەرموێ:

(٥) هەر لەبەر ئەوەی کە ئێوە گەلێکی زیادەڕەوونو سودو زیانی دوارۆژی خۆتان نازانن ،ئێمە واز لەو یادەوەریەی ئێوە بهێنینو پشتگوێتان بخەین کە بە ئارەزۆی خۆتان بجوڵێنەوەو ژیانو ژینگەی خۆتان خراپ بکەن؟ نەخێر ئێوە دروستکراوی ئێمەنو وەکو ئێمە دەتان ناسین ئاوا ئێوە خۆتان ناناسن ، لەبەر ئەوە ئەو بڕیارە نادەینە دەست ئێوەو ئەو ئەرکە بەئێوە ناسپێرین ، چونکە ئێوە نازانن‌و ناتوانن یاساو بەرنامەیەکی دادپەروەرو یەکسان بۆ هەمو مرۆڤەکان دانێنو دروستکراوی خۆمانو خۆمان دەتان ناسین، جا دەبێ تەنها لە ئێمە بەرنامەی ژیانتان وەرگرن،

ئەگینان لێتان رازی نابین، هەر کەسێك هەر بەرنامەیەك هەڵبژێرێ بۆ خۆی بێجگە لە بەرنامەی الله لێی وەرناگیرێتو لەدوارۆژدا لەریزی زیان لێ کەوتوو رەنجەڕۆیانە.

(٦) خۆ لەناو گەلانی پێشودا ئێمە زۆرێك لە پێغەمبەرانمان رەوانە کردوە.

(٧) جا هیچ پێغەمبەرێکیش نەهاتوەتە لایان مەگەر ئەوان گاڵتەیان پێ کردبێت و باوەڕیان پێ نەهێنابێ.واتە : لەبێ باوەڕی ئەم گەلەت خەم مەخۆ هەموگەلان هەروەك ئەمان بوون، بەڵام سەرئەنجام هەر راستی سەرکەوتووەو ناراستی هەر تڕۆودۆڕابوە.

(٨) ئەوسا کەسانێك کە لەم گەلەی تۆ زۆردارتر بون بەهۆی سەرپێچیان لە بەرنامەی اللهو باوەڕ نەکردنیان بە پێغەمبەرەکەی خۆیان لەناومان بردن، داستانی پێشوەکانیش تێ پەڕی، جا ئەمانیش ئەگەر هەر ئاوەها رەفتار بکەن دوچاری هەمان چارەنوس دەبن چونکە دابی خودا ناگۆڕێت.

(٩) خۆ ئەگەر لێیان بپرسیت کە کێ ئەم ئاسمانانو زەویەی دروستکردوە بێگومان دەڵێن: ئەو زاتە بەدەسەڵاتە زۆر زانایە دروستیکردوە کە الله یە .

(١٠) ئەو زاتەی کە ئەم زەوییەی بۆ کردون بە بێشکەو جێگای ئارام گرتنتانو لەناویدا چەندین رێگای دروستکردوە بۆ هاتوچۆ کردنتان ، بەڵکو ئێوەش بە ئەو رێگایانە رێ دەربکەنو بە جێگای مەبەستی خۆتان بگەن، ئینجا بەڵکو ئێوەش بە وردبونەوە لەو رێگاو بانە جۆراوجۆرانە خوای خۆتان بدۆزنەوەو رێگای راست بگرن.

(١١) جا ئەو زاتەی کە لە ئاسمانەوە بە ئەندازەی پێویستی مرۆڤ ئاو دەنێرێتە خوارەوە ، ئەوسا بەو ئاوە وڵاتی وشكو بێ گژوگیا ئاوەدارو پڕ لە شینایی دەکەین ،جا هەروەکو ئەو زەویو گیا مردوە زیندودەکەینەوە هەربەم شێوەیە ئێوەش لە گۆڕەکانتانەوە دەردەهێنرێنو جارێکی تر زیندو

وَٱلَّذِى نَزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ فَأَنشَرْنَا بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا
كَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ ﴿١١﴾ وَٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ
لَكُم مِّنَ ٱلْفُلْكِ وَٱلْأَنْعَٰمِ مَا تَرْكَبُونَ ﴿١٢﴾ لِتَسْتَوُۥا۟ عَلَىٰ ظُهُورِهِۦ
ثُمَّ تَذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا ٱسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا۟ سُبْحَٰنَ
ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ ﴿١٣﴾ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا
لَمُنقَلِبُونَ ﴿١٤﴾ وَجَعَلُوا۟ لَهُۥ مِنْ عِبَادِهِۦ جُزْءًا ۚ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ
لَكَفُورٌ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ أَمِ ٱتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ وَأَصْفَىٰكُم
بِٱلْبَنِينَ ﴿١٦﴾ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَٰنِ مَثَلًا
ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿١٧﴾ أَوَمَن يُنَشَّؤُا۟ فِى
ٱلْحِلْيَةِ وَهُوَ فِى ٱلْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ ﴿١٨﴾ وَجَعَلُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ
ٱلَّذِينَ هُمْ عِبَٰدُ ٱلرَّحْمَٰنِ إِنَٰثًا ۚ أَشَهِدُوا۟ خَلْقَهُمْ ۚ سَتُكْتَبُ
شَهَٰدَتُهُمْ وَيُسْـَٔلُونَ ﴿١٩﴾ وَقَالُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَٰنُ مَا عَبَدْنَٰهُم ۗ
مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿٢٠﴾ أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ
كِتَٰبًا مِّن قَبْلِهِۦ فَهُم بِهِۦ مُسْتَمْسِكُونَ ﴿٢١﴾ بَلْ قَالُوٓا۟
إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴿٢٢﴾

دەکرێنەوە بۆ حیسابو پاداشتو سزا، پێتان خۆش بێت یان نا.

(١٢) خۆ ئەو زاتەی کە ئەم هەمو جوتانەی دروستکردوەو بەشێك لە کەشتیو چوار پێیانیشی دروستکردوە بۆتان تا سواریان ببن بۆ ئازو گویازو هاتوچۆ کردنتان.

(١٣) ئەوانەمان رام کردوە بۆتان بۆ ئەوەی بتوانن بوەستن لەسەر پشتیان ، پاشان یادی چاکەی پەروەردگارتان بکەن هەر کاتێك بە تەواوی وەستان لەسەریانو بڵێن: پاكو بێ عەیبی بۆ ئەو زاتەی کە ئەمەی بۆ ڕام کردوین، خۆ ئێمە توانای ڕامکردنی ئەمانەمان نەبو ئەگەر ئەو زاتە رامی نەکردنایە بۆمان.

(١٤) جا بێگومان ئێمە هەر بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە. بەراستی ئەم شێوە سواربونە بەسەر وڵاخو کەشتیەوە وەك هەڵگرتنمانە بە دارمەیت بۆ گۆڕستانو ئەوەمان دەخاتەوە بیر، لە فەرمودەداهاتوە کە مسلمو جگە لەویش هێناویانە کە پێغەمبەر ﷺ هەر کاتێك سواری وڵاخێکی سواری ببوایە سێ جار دەیفەرمو:{ الله أكبر،

پاشان دەیفەرمو: ﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ﴾ پاشان دەیفەرمو: اللَّهُمَّ إِنَّا نَسْأَلُكَ فِي سَفَرِنَا هَذَا الْبِرَّ وَالتَّقْوَى وَمِنَ الْعَمَلِ مَا تَرْضَى اللَّهُمَّ هَوِّنْ عَلَيْنَا سَفَرَنَا هَذَا وَاطْوِ عَنَّا بُعْدَهُ اللَّهُمَّ أَنْتَ الصَّاحِبُ فِي السَّفَرِ وَالْخَلِيفَةُ فِي الْأَهْلِ اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ وَعْثَاءِ السَّفَرِ وَكَآبَةِ الْمَنْظَرِ وَسُوءِ الْمُنْقَلَبِ فِي الْمَالِ وَالْأَهْلِ وَإِذَا رَجَعَ قَالَهُنَّ وَزَادَ فِيهِنَّ آيِبُونَ تَائِبُونَ عَابِدُونَ لِرَبِّنَا حَامِدُونَ/ئەی پەروەردگارم داوای چاکەو تەقوات لێ دەکەم لەم سەفەرمداو لە کرداریش ئەوەی کە ڕازیبی لێی، ئەی پەروەردگارم ئەم سەفەرەمان لەسەر ئاسان بکەو جێگا دورەکانمان بۆ نزیك بکەرەوە، ئەی پەروەردگارم هەر خۆتیت هاوڕێ لەم سەفەرەداو جێ نشینی لە کەس‌و کارو خانەوادەمدا ئەی پەروەردگارم پارمەتی دەرمان بە لەم سەفەرەمانداو جێ نشینمانبە لەناو خاوخێزانماندا، ئەی پەروەردگارم پەنادەگرم بەتۆ لەسەختی سەفەرو لەدیمەنی خەمۆکێی‌و لەخراپی گەڕانەوە بۆ ناو ماڵ‌و کەسوکار. جا هەر کاتێکیش دەگەڕایەوە بۆلای خاو خێزانی‌و چاوی دەکەوت بە شارەکەی ئەو وشانەی دەفەرمو ئەمەشی لێ زیاد دەکرد: دەگەڕێینەوەو تەوبە دەکەین إن شَاءَ الله ، بەردەوامین لەسەر بەندایەتی، هەر بۆ پەروەردگاریشمان سوپاسگوزارین}.

(١٥) جا هەر لە بەندەکانی خۆی هەندێکیان دەکرد بە هاوبەشی ﷻ، بێگومان مرۆڤ بە ئاشکرا زۆر سپڵەو نمەك نەناسە. بەڵێ، ئەوان بۆ خۆیان مێینەیان لا پەست بو نێرینەیان لەلا چاك بو کە چی بۆ خوا بە پێچەوانەوە ڕەفتاریان دەکرد بۆیە ﷻ بە دەمیاندا دەدات‌و دەفەرموێ:

(١٦) ئایا لە ئەوەی کە دروستی دەکات کچان بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت‌و کوڕان بە ئێوە دەدات؟! دەی جا هیچ مرۆڤێکی ژیر ئاوا بڕیارێك دەدات؟

(١٧) خۆ هەر کاتێکیش بە یەکێك لە ئەوان موژدە بدرێت بەوەی کە بۆ ڕەحمانی بە نمونە دێننەوە کە کچە، لە داخ‌و خەمدا دەم‌و چاوی ڕەش هەڵدەگەڕێت‌و پینگ دەخواتەوەو بیر دەکاتەوە کە چی لەو کچە بکات؟ بیهێڵێتەوە بەشەرمەزاری یان زیندەبەچاڵی بکات؟

(١٨) ئایا ئەو کەسەی کە لەناو خشڵدا پەروەوەردە کرا بێت‌و لە کێشەو دەمەقاڵەدا تواناى بە جوانی ڕۆشنکردنەوەی مەبەستەکانی خۆی نەبێت، ئا ئەوە دادەنێن بە منداڵی ﷻ؟! ئای چەند گێل‌و نەفامن.

(١٩) ئەو فریشتانەی کە بەندەی ڕەحمانن بە مێینەیان دادەنێن، ئایا لەوێ بون کاتی دروستکردنیان؟! دەی چۆن بڕیاری وادەدەن، ئەوسا ئەم شایەتیە ناحەقەیان هەر بەزوی تۆمار دەکرێت‌و لێیشیان پرسیار دەکرێت‌و هەروا بەخۆڕای لەسەریان ناچێت.

(٢٠) خۆ دەشڵێن: ئەگەر ڕەحمان ئارەزۆی لێ بووایە ئەوانەمان نە دەپەرستن، ئەوان لەو بارەوە هیچ زانیاریەکیان نیە، بەڵکو ئەوان هەر لە خۆوەو بە خەملاندن ئەم بڕیارانە دەدەن‌و درۆ هەڵدەبەستن. بەڵێ خوا نەناسان دەیانەوێ بڵێن: ئێمە تاوانبار نین لەم پەرستنەدا، چونکە ئەگەر خوا مەیلی لەپەرستنیان نەبوایە ماوەی بەئێمە نەدەدا، وەڵامی ئەم جۆرە کەسانە یەك زللەیە لەبن گوێیان، جا ئەو کاتە دەزانن کە ئایا ماڨ لێ پرسینەوە هەیە یان نە ، خۆ ئەگەر ئەوان بێ دەنگ دەبن‌و وەڵامی زللە وەشێن نادەنەوەو دەڵێن خوا مەیلی لێ بوە ، بۆیە ئەو زللەیەی لێ داوم ، ئەم ڕەخنەیان ڕێی تێ دەچێت، ئەگینا با خۆیان بۆ تۆڵە ئامادە بکەن، چونکە مرۆڤ خۆی سەر پشك کراوە لە هەڵبژاردن.

(٢١) ئایا ئێمە پێش ئەم قورئانە پەڕاوێکمان بەوان داوە، جا ئەوان دەست بەو پەڕاوە بگرن‌و بیکەن بە بەڵگە لەسەرراستی‌و دروستی قسەو کردارە ناپەسەندەکانیان؟

(٢٢) نەخێر شتی وایان لانیە، بەڵکو دەڵێن: باوباپیرانمان لەسەر ئایینێك بون‌و بێگومان ئێمەش بەشوێن پێی ئەواندا دەڕۆین، ئیتر گوێیان لەوەنیە کەراست بێ یان ناڕاست.

وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ
إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقۡتَدُونَ ﴿٢٣﴾
۞ قَٰلَ أَوَلَوۡ جِئۡتُكُم بِأَهۡدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمۡ عَلَيۡهِ ءَابَآءَكُمۡۖ قَالُوٓاْ
إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٢٤﴾ فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ
كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٢٥﴾ وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦٓ
إِنَّنِي بَرَآءٞ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُۥ سَيَهۡدِينِ
﴿٢٧﴾ وَجَعَلَهَا كَلِمَةَۢ بَاقِيَةٗ فِي عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿٢٨﴾ بَلۡ
مَتَّعۡتُ هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمۡ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ وَرَسُولٞ مُّبِينٞ ﴿٢٩﴾
وَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ وَإِنَّا بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٣٠﴾ وَقَالُواْ
لَوۡلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنَ ٱلۡقَرۡيَتَيۡنِ عَظِيمٍ ﴿٣١﴾ أَهُمۡ
يَقۡسِمُونَ رَحۡمَتَ رَبِّكَۚ نَحۡنُ قَسَمۡنَا بَيۡنَهُم مَّعِيشَتَهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَاۚ وَرَفَعۡنَا بَعۡضَهُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَتَّخِذَ بَعۡضُهُم
بَعۡضٗا سُخۡرِيّٗاۗ وَرَحۡمَتُ رَبِّكَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ﴿٣٢﴾ وَلَوۡلَآ
أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ لَّجَعَلۡنَا لِمَن يَكۡفُرُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ
لِبُيُوتِهِمۡ سُقُفٗا مِّن فِضَّةٖ وَمَعَارِجَ عَلَيۡهَا يَظۡهَرُونَ ﴿٣٣﴾

(٢٣) جا هەر بەم شێوەیە بوە کە هیچ ترسێنەرێکمان نەناردوە پێش تۆ بۆ سەر هیچ گوندێك کە ئەو خەڵکە بترسێنێت لە تۆڵەی ﷲ ئەگەر پەیرەوی ڕاستی نەکەن ، مەگەر وتبێتیان بێ گومان ئێمە لە باوباپیرانی خۆمان زانیومانە کە پەیرەوی ئایینێك بوونو ئێمەش بێگومان هەر لەوان پەیرەوی دەکەینو لێی لا نادەینو باوەڕیش بە کەسی تر ناکەین.

(٢٤) بڵێ: ئایا هەر ئەو پەیرەوویە کوێرانە هەڵدەبژێرن ، ئەگەر شتێکیشتان بۆ بهێنم چاکتربێت لەوەی باوباپیرانتان؟ دەڵێن: بێگومان ئێمە باوەڕمان نیە بەوەی کە تۆی بۆ ڕەوانە کراوەوبەراستی نازانین.

(٢٥) ئەوسا ئێمە تۆڵەمان لێ سەندن ، جا تەماشا بکەو بزانە سەر ئەنجامی بێ باوەڕان چۆن بوە، واتە ئەم گەلەی تۆش ئەگەر باوەڕت پێ نەکەن با بزانن کە هەمان سەر نویشت یەخەی ئەمانیش دەگرێت.

(٢٦) جاوەبیر بێنەرەوە ئەو کاتەی کە ئیبراهیم بە باوکیو بە گەلەکەی وت: بێگومان من بێزارم لەوەی کە ئێوە بەندایەتی بۆ دەکەنو بەراستی نازانم.

(٢٧) جگە لەو زاتەی کە دروستیکردوم ، جا بەڕاستی ئەو بەم زوانە ڕێنمایم دەکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست، واتە پەیرەوی جگە لەو زاتەی کە دروستیکردوم ناکەم کە ئەمە مانای (لا إله إلّا الله)یە.

(٢٨) جا پەروەردگاریش ئەو قسەیەی کرد بە وشەیەك تا لەپاش ئەودا بمێنێتەوەواتە(لا إله إلا الله) ، بەڵکو ئەوانیش لەو تاوانانەی کە پەرستنی جگە لە ﷲ یە واز بهێننو لەو سەرەڕۆییە بگەڕێنەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست.

(٢٩) بەڵکو من ژیانی خۆشم دا بەئەوانو بەباو باپیرانیان هەتا فرمانی ڕاستودروستیان پێگەیشتو پێغەمبەرێکی ڕۆشن کەرەوەی ڕێگای ڕا ست و ناڕاستیان هاتەلا.

(٣٠) بەڵام کاتێك کەئەو ڕاستیە هاتە لایانو پێغەمبەر ﷺ ئایینی بۆ باس کردنو ڕاستو ناراستی بۆ جیا کردنەوەو قسەکانی کاری گەری بوو تێیاندا لەجیاتی بیرکردنەوە لە هەڵەی خۆیان وباوەڕهێنان، وتیان: ئەمە جادوەو بێگومان کە ئێمە بەو بێ باوەڕین.

(٣١) جا دەیان وت : ئەگەر ئەمە ڕاستە با ئەم پەیامە بۆ یەکێك لەودوو پیاوە گەورەی ئەم دوو شارە بهاتایە ، واتە : شاری مەکەو تائیفو ئەو دوو پیاوەش مەبەستیان وەلیدی کوڕی موغیرە بو لە مەکەو عورووەی کوڕی مەسعودی سەقەفی بو لە تائیف کە دوو پیاوی گەورەو ناسراوی ئەو سەردەمەی هاتنی پێغەمبەر ﷺ بون. جاﷲ بەرپەرچیان دەداتەوەو دەفەرموێ:

(٣٢) ئایا ئەوان ڕەحمەتی پەروەردگاری تۆ دابەش دەکەنو بە دەست ئەوانە ئەودابەش کردنە؟ هەر ئێمەین کە لە ژیانی دنیادا بژێویمان لە نێوانیاندا بەشکردوەو هەندێکیانمان چەندین پلە بەرز کردوەتەوە لە ماڵو دەسەڵاتدا بەسەر هەندێکیاندا، تا هەندێکیان بەکاربهێنن لە ئیشو کاردا، لە ڕاستیدا ئەگەر هەموویان یەکسان بوونایە کاروباری ئەم ژیانە بە تەواوی تێك دەچو، پێویستە ئەوەش بزانین کە پەروەردگاری دانا وای کردوە

وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَٰبًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِـُٔونَ ﴿٣٤﴾ وَزُخْرُفًا وَإِن
كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَٱلْـَٔاخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ
لِلْمُتَّقِينَ ﴿٣٥﴾ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا
فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ ﴿٣٦﴾ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ
أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٣٧﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَنَا قَالَ يَٰلَيْتَ بَيْنِى وَبَيْنَكَ
بُعْدَ ٱلْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ ٱلْقَرِينُ ﴿٣٨﴾ وَلَن يَنفَعَكُمُ ٱلْيَوْمَ
إِذ ظَّلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِى ٱلْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ ﴿٣٩﴾ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ
ٱلصُّمَّ أَوْ تَهْدِى ٱلْعُمْىَ وَمَن كَانَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٤٠﴾
فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ ﴿٤١﴾ أَوْ نُرِيَنَّكَ ٱلَّذِى
وَعَدْنَٰهُمْ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ ﴿٤٢﴾ فَٱسْتَمْسِكْ بِٱلَّذِىٓ أُوحِىَ
إِلَيْكَ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٤٣﴾ وَإِنَّهُۥ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ ۖ
وَسَوْفَ تُسْـَٔلُونَ ﴿٤٤﴾ وَسْـَٔلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَآ
أَجَعَلْنَا مِن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ءَالِهَةً يُعْبَدُونَ ﴿٤٥﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا
مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦ فَقَالَ إِنِّى رَسُولُ
رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٦﴾ فَلَمَّا جَآءَهُم بِـَٔايَٰتِنَآ إِذَا هُم مِّنْهَا يَضْحَكُونَ ﴿٤٧﴾

که هەمو مرۆڤێك لە هەر ئاستێكدا بێت پێویستی بە كەسی تر هەیە، بۆ نمونە ئەگەر سەرۆكی وڵاتانیش بێت پێویستی بە كەسانێك هەیە كە كەرەسەكانی ژیان دروست دەكەن لەدەرزی خەیاتیەوە بگرە تا سەیارەو فرۆكە لە دروستكردنی بلۆكێكەوە تا بینا بەرزولە هەوردەرەكان پێویستی بەپسپۆڕو لێزانو ئەندازیارە هەتا كرێكارێكی سادەش، هەروەها باقی پێویستیەكانی تری ئیتر كەسانی خواری ئەویش تەماشا بكەو دەبینی مرۆڤ بە تەنها هەرگیز ناتوانێت تەواوی پێویستیو نیازو خۆشیەكانی ئەم دنیایەی خۆی دابین بكات، ئاشكرایشە لە ڕوانگەی ئایینەوە ئەو كەسەی كەخزمەتكارە گەورەی خەڵكە كەواتە با كرێكاران بزانن كەئەوان خاوەنی پلەیەكی گەورەن لەروانگەی ئایینی ئیسلامەوەو ئەوانن گەورەی خەڵكو زۆر بەرێزیشن ، ئەوەتەپێشەوای مرۆڤایەتی كاتێ ﷺ چاوی بەدستی كرێكارێك دەكەوێت كەپێی شەرمە لەبەرزبری دەستی تەوقە لەگەڵ پێغەمبەرﷺ دا بكات پێ دەفەرموێ:{ئەوە دەستێكە كە خواو پێغەمبەری خوا خۆشیان دەوێت }.

﴿٣٣﴾ پەروەردگار ئەوەندە دنیای لەلا بێ نرخە، دەفەرموێ: ئەگەر خەڵك هەموی یەك جۆر بێ باوەڕو خوانەناس بونایە بەڕاستی ئێمە بۆ ئەو كەسانەی كە باوەڕیان بە ڕەحمان نیە بانی ماڵەكانیان لەڕووی ناوەوەیمان بۆ دەكردن بە زیو كە بەسەر پلەكانی زۆری زیوین دا سەردەبكەوتنایە بۆ خانوە بەرزەكانیان.

﴿٣٤﴾ جا بۆ ماڵەكانیان دەرگایانێكو تەخت گەلێكی زیوینمان پێ دەدان كە لەسەریاندا شان دابنێن.

﴿٣٥﴾ ئەوسا لە زێڕیش هەروەها شتی هەمەڕەنگمان پێ دەدان، جا ئەمانەی كە باسكران هەمویان جگە لە خۆشگوزەرانیەكی ژیانی دنیا شتێكی تر نین. ئەوسا خۆشیو شادمانی پاشەڕۆژ لەلای پەروەردگارت هەر بۆ پارێزكارانە.

﴿٣٦﴾ جا ئەو كەسەی لە ڕاست یادكرنی ڕەحماندا خۆی نابینا دەكاتو پشتی لە ئایین دەكات، ئەوە شەیتانێكی بۆ ئامادە دەكەین ، ئەوسا ئەو دەبێت بە ڕەفیقیو چۆن خراپ بێت بۆی ئاوای لێ دەكاتو شەرمەندەی دنیاو دوارۆژی دەكات چونكە شەیتان دوژمنی مرۆڤە كە زاڵ بو بەسەریا هەرچی خراپە پێی دەكاتو لەدوارۆژیشدا دەڵێ: بە گۆی منت نەكردایە برۆ سەرزەنشتی خۆت بكەو باسی من مەكە.

﴿٣٧﴾ جا ئەو ڕەفیقانەشیان بێگومان لە ڕێگای راست لایان دەدەنو كەچی وا گومانیش دەكەن كە هەر خۆیانن ڕاستە ڕێگایان دیوەتەوەو خەڵكی راست بە هەڵە دەزاننو گاڵتەیان پێدەكەنو دەیان ناوو ناتۆرەی نارەوایان پێدەڵێن: ساویلكە، توندرەو، نەگونجاو، تۆقێنەر..و..!

﴿٣٨﴾ تا ئەو كاتەی كە دێتە لامانو خراپیو مایەی سەرشۆڕی خۆی بەهۆی ئەو رەفیقە خراپەیەوە دەبینێ كاتێ كە لە دنیادا بوە ، جا لەو كاتەدا بەو رەفیقەی دەڵێت: خۆزگە نێوان منو نێوان تۆ بە ئەندازەی دوری ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا بووایە، ئای چ خراپ برادەرو ڕەفیقێك بووی بۆم كەئاوا منت دوچاری ئەم ڕۆژە رەشە كرد، جا

ئەو کاتە دەزانێ ڕاستو ناراست کامەیە ، بەڵام تازە ئەوزانینەی بێ سودە.

(٣٩) جا پێیان دەوترێت: ئیتر هەرگیز ئەم ئاواتو غەمو بێزارییەتان لەم ڕۆژەدا سودێکتان پێ نادات ، چونکە بێگومان ئێوە لە دنیادا ستەمتان لە خۆتان کردوە چونکە باوەڕتان نەهێناوەو ستەمیشتا لە خەڵکی تر کردوە کە سەرتان لێ تێکداون بە هۆی قسەی پڕوپوچو ڕاگەیاندنو بلاوکراوەکانتانەوە لەبەرئەوە ئەمڕۆ هەموتان هاوبەشن لەم سزایەدا، ئینجا پەروەردگار دڵنەوایی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ دەکاتو دەفەرموێ:

(٤٠) ئایا تۆ دەتوانیت بەمرۆڤی کەڕ شت ببیسێنی یان کوێر ڕێنمایی ڕێگای ڕاستی بکەیتو بیانگەیەنیت بەخۆشی بەهەشتی هەتاهەتای؟ وە ئایا تۆ دەتوانیت ئەو کەسەی کە کەوتوەتە ناو گومڕاییەکی ڕونەوە ڕێنمایی بکەیتو بیخەیتە سەر ڕاستە ڕێگا؟واتە تۆ ئەو ئەرکەت لەسەر نیە بەڵکو تەنها گەیاندنی ئەو پەیامەت لەسەرە کە بۆمان ناردویت .

(٤١) جا ئەگەر ئێمە تۆیش ببەینەوەو بمریت خۆ ئەوان پشتگوێ ناخرێن، ئەوسا بەبێگومان ئێمە تۆڵە لەوان وەردەگرین.

(٤٢) یان ئەگەر ئەوەی کە بەڵێنمان داوە بەوان لە سزا لەسەردەمی ژیانی تۆیشدابێت ئەوسا بەڕاستی ئێمە دەسەڵاتمان هەیە بەسەریانداودەتوانین ئەوە بکەین ئەوان ناتوانن لەو سزایە خۆیان ڕزگار بکەن.

(٤٣) جا تۆ دەست بگرە بەوەی کە ناردومانە لات کە قورئانەو بێ باکانە ڕای گەیەنە بەوان کە بێگومان تۆ لەسەر ڕێگای ڕاستی.

(٤٤) خۆ بێگومان کە ئەم قورئانە مایەی شەرەفو ڕێزە بۆ خۆتو بۆ نەتەوەکەت، وەبەم زوانەش کۆچ دەکەن و دێنەوە بەردەستمانو لەو بارەوە پرسیارتان لێ دەکرێت کە چۆن جوڵانەوە لەگەڵ ئەم قورئانەداو چیتان لەگەڵ پێغەمبەرداﷺ کرد؟

وَمَا نُرِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ إِلَّا هِىَ أَكْبَرُ مِنْ أُخْتِهَا ۖ وَأَخَذْنَٰهُم
بِٱلْعَذَابِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٤٨﴾ وَقَالُوا۟ يَٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ ٱدْعُ لَنَا
رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ إِنَّنَا لَمُهْتَدُونَ ﴿٤٩﴾ فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ
ٱلْعَذَابَ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ ﴿٥٠﴾ وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِى قَوْمِهِۦ
قَالَ يَٰقَوْمِ أَلَيْسَ لِى مُلْكُ مِصْرَ وَهَٰذِهِ ٱلْأَنْهَٰرُ تَجْرِى مِن
تَحْتِىٓ ۖ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٥١﴾ أَمْ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى هُوَ مَهِينٌ
وَلَا يَكَادُ يُبِينُ ﴿٥٢﴾ فَلَوْلَآ أُلْقِىَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ أَوْ جَآءَ
مَعَهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ مُقْتَرِنِينَ ﴿٥٣﴾ فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ
فَأَطَاعُوهُ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَٰسِقِينَ ﴿٥٤﴾ فَلَمَّآ ءَاسَفُونَا
ٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَٰهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٥٥﴾ فَجَعَلْنَٰهُمْ
سَلَفًا وَمَثَلًا لِّلْءَاخِرِينَ ﴿٥٦﴾ ۞ وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ
مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ ﴿٥٧﴾ وَقَالُوٓا۟ ءَأَٰلِهَتُنَا
خَيْرٌ أَمْ هُوَ ۚ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًۢا ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ ﴿٥٨﴾
إِنْ هُوَ إِلَّا عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ وَجَعَلْنَٰهُ مَثَلًا لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ
﴿٥٩﴾ وَلَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةً فِى ٱلْأَرْضِ يَخْلُفُونَ ﴿٦٠﴾

(٤٥) جا لە پێغەمبەرانێ کەلە پێش تۆدا ناردومانە بپرسە ئایا ئێمە جگە لە ڕەحمان پەرستراوێکی ترمان داناوە کە خەڵک بیپەرستێت؟ واتە: پێغەمبەرانمان تەنها بەوە ڕەوانە کردوە کە تۆ باسی دەکەیت بۆیان، کە تەنها اللّٰه بپەرستنو جگە لەو کەسی تر نەپەرستن.

(٤٦) خۆ بە ڕاستی موساماﷺن بە نیشانەکانی خۆمانەوە ڕەوانەی لای فیرعەونو پیاو ماقوڵانی گەلەکەی کرد ،جا وتی: بەڕاستی من نێردراوی پەروەردگاری جیهانیانمو بانگی کردن بۆ یەکتاپەرستیو عەساکەیو سپیەتی ناودەستی دوو ئایەتی گەورە بوون کەنیشانی دان بە فیرعەونو کەسانی دەوروبەری.

(٤٧) جا کاتێك کە بە نیشانەکانی ئێمە هاتە لایان وەکو عەساو دەستەکەی کەچی ئەوان هەر زوو بەو نیشانانە پێ دەکەنینو بە گاڵتەوە تەماشایان دەکردن، بۆیە پەروەردگار دەفەرموێ:

(٤٨) جا ئێمە هیچ نیشانەیەکمان بەوان نیشان نەدەدا مەگەر ئەوەیان گەورەتر بێت لە پێشیان، وە بەو سزا

سەختانە تۆڵەمان لێ سەندن بەڵكو لەو خوانەناسیە بگەڕێنەوە، جا ئەوان لە جیاتی گەڕانەوە بەڵكو تا دەهات زیاتر دژایەتی موسایان(عليه السلام) دەكرد.

(٤٩) ئیتر خوا هەر جارێ بە جۆرێك لەسزا تۆڵەی دەدان، جا لەو كاتەدا دەیان وت: ئەی جادوگەر داوا بكە لە پەروەردگارت بەو بەڵێنەی كە داوێتی پێت، با ئەم سزایەمان لەسەر لابات، بەڕاستی ئیتر ئێمە ڕێگای ڕاستەقینە دەگرینو فرمانت ناشكێنین.

(٥٠) جا هەركە ئەو سزایەمان لەسەرلا بردنایە كتوپڕ بەڵێنەكانی خۆیان دەشكاندو دژایەتی موسا(عليه السلام)و ڕێبازەكەیان دەكرد.

(٥١) جا فیرعەون بانگی گەلەكەی كردو وتی: ئەی گەلی من ئایا وڵاتی میسرو ئەو ڕوبارانەی كە بە بەردەمی مندا دەڕۆن موڵكی من نیە؟ ئایا خۆتان ئەمە نابینن؟

(٥٢) دەی ئایا من چاكترنیم لەو كەسەی كە لاوازو كەم نمودەو ناتوانێ بە باشیش قسەكانی خۆی بكات؟ دەڵێن: موسا (عليه السلام) لەقسەكردندا زمانی گوێی دەگرت بەباشی قسەی بۆ نەدەكرا، دەڵێن بەهۆی ئەوە بوە كە بە منداڵی دەمی لە پشكۆیەك داوە، جا فیرعەون ئەوەی بەعەیب دادەنا بۆیو خۆی بەخاوەن هێزو ئەوی بێ نرخ تەماشا دەكرد.

(٥٣) سا با چەند دەست بەندێكی ئاڵتونی بۆ ڕەوانە بكرایە یان چەندین فریشتەی لەگەڵدا بوایە تا باوەڕمان پێ بكردایە. بەڵێ دنیا پەرستان هەر بیر لە خواردنو ماڵو سامان دەكەنەوەو هەر ئەوەش بە پێوەری چاكو ناچاكی پیاوچاكان دادەنێن كە ئەوە لە ڕوانگەی ئایینەوە تەنها بەڵگەی تاقی كردنەوەیەو هیچی تر.

(٥٤) ئەوسا گەلەكەی خۆی سوك كرد جا ئەوانیش لە ترسا پەیڕەوییان كرد بێگومان كە ئەوان گەلێك بون لە ترسی فیرعەون بیریان لە ڕاستی موسا(عليه السلام)و موعجیزەكانی نەدەكردەوەو بەم كارەیان لەدژایەتی خودا لە سنور دەرچو بون.خوا دەفەرموێت:

(٥٥) جا كاتێك كە ئێمەیان رق هەستان تۆڵەمان لێ سەندنەوە، ئەوسا لەو ڕوبارەی كە پێوەی دەنازی هەر هەموویانمان خنكاند. فیرعەونو گەلەكەی بۆ هەمیشە بەرەو دۆزەخ بەڕێ كرانو موسا(عليه السلام)و گەلەكەی لەشەڕی ئەو خراپەكارانە بۆ هەمیشە ڕزگاریان بو.

(٥٦) ئەوسا كردمان بە پێشینەو نمونە بۆخەڵكی پاش خۆیان ، تا خەڵكی پاش خۆیان لەوان ئامۆژگاری بگرنو خۆیان لەدژایەتی خواو ئایینەكەی دووربگرن تا دوچاری سەرنویشتێكی وەك ئەوان نەبن.

(٥٧) خۆ لە كاتێكدا كە كوڕی مەریەم بە نمونە هێنرایەوە لەو كاتەدا گەلەكەت بەوە پێ دەكەنینو پێیان وابو كە بەمە بەهانەیەكی باشو بەهێزیان پەیداكردوە بۆ دژایەتی تۆ كە گوایە: ئەگەر محمد ﷺ دەڵێت هەرچی پەرستراو هەیە جگە لە ﷲ هەموی تاغوتەو خۆراكی دۆزەخن خۆ عیسایش هەندێ لە بەناو مەسیحیەكان دەیپەرستن، كەوابو یان محمد درۆ دەكات یان عیسایش دۆزەخیە؟ بەم بەرداشتەی خۆیان پێدەكەنینو وایان دەزانی بەڵگەیەكی گەورەیان دۆزیوەتەوە دژی پێغەمبەرﷺ.

(٥٨) جا وتیان: ئایا خوداكانی ئێمە چاكە یان عیسا؟ ئەم وێنەیە بۆ تۆ باس ناكەن مەگەر هەر بۆ دەمەقاڵەو مشتومڕ نەك تەنها ئەوە، بەڵكو ئەوان گەلێكی چەنەبازو شەڕفرۆشن. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:{مَا ضَلَّ قَوْمٌ بَعْدَ هُدًى كَانُوا عَلَيْهِ إِلَّا أُوتُوا الْجَدَلَ ثُمَّ تَلَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ هَذِهِ الْآيَةَ ﴿مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًا بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ﴾ /الترمذي، صححه الالباني/ هیچ گەلێك پاش ڕێنمونیو گەیشتن بەڕێگای ڕاست گومڕا نەبوون هەتا دەستیان كردوە بەدەمەدەمەو مشتو مڕ لە بارەی ئایینەوە، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە﴿مَا ضَرَبُوهُ ...الاية﴾}

(٥٩) جاخوا بەروویاندا دەتاتەوە ودەفەرموێ: ئەو هەر بەندەیەكە لە بەندەكانمانو تەوحیدو یەكتاپەرستی بەگەلەكەی وتوە و دژی پەرستنی بێجگە لە ﷲ بوە ، چونكە ئێمە نیعمەتی گەورەی خۆمان كە پێغەمبەرایەتیە بەودابو، جا لە ڕۆژی قیامەتیشدا نەك سزا نادرێت بەڵكو

دەنگی ئاگریش نابیسێت، وەکردمان بە نمونەیەکیش بۆ نەوەی یەعقوب عليه السلام چونکە بەبێ باوك دروستمان کرد.

(٦٠) خۆ ئەگەر ئارەزۆمان لێ بوایە لەجیاتی ئێوە فریشتەکانمان دادەنا کە جێنشینی پێشویانی خۆیان بوونایە لەم سەر زەویەدا، واتە: ئێمە بێ نیازین لە ئێوە ئەگەر بمانەوێت لاتان بەرین لاتان دەبەین نەشتێکی گرانە لەسەرمانو نە هیچ شتێك لە مولکی ئێمەدا کەم دەبێتەوە. بەراستی ئەمە هەرەشەیەکی زۆر توندە ئەگەر ژیری هەبێت بۆ هەمو مرۆڤە لاسارو سپڵەو خوانەناسەکان.

(٦١) جا بەڕاستی عیسا یان قورئان یەکێکە لە نیشانەکانی قیامەت ئەوسا نەکەونە گومانەوە تێیدا ساتۆ ئەی محمد ﷺ بڵێ: پەیڕەوی لە من بکەن، چونکە هەر ئەمەیە ڕێگای ڕاست. پاش ڕاستیش هەموی گومڕاهیە.

(٦٢) سا با شەیتان ڕێگای ڕاستتان لێ نەگرێتو بە فیتی ئەو نەخەڵەتێن چونکە بەڕاستی ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانەو لە هیچ هەلێك بۆ فریودانتان سڵ ناکات.

(٦٣) جا لەکاتێکدا کە عیسا بە بەڵگە گەلێکی ڕۆشنەوە هات، وتی: بە ڕاستی من بە داناییەوە هاتوم بۆ لاتان تا هەندێ لەوشتانەی کە ناڕێکن تێیدا بۆتان ڕوون بکەمەوە ، جا ئێوەش لە الله بترسنو پەیڕەوی من بکەن، تا سەرفەرازو خۆشبەخت ببن.

(٦٤) بێگومان الله هەر خۆیەتی پەروەردگاری ئێوە سا ئێوەش ئەو بپەرستن، ئەمەیە ڕێگای ڕاست کە پەرستنی پەروەردگاری جیهانیانە بە تەنهاییو هیچ هاوبەشێکی بۆ دانەنرێت نە لەزاتیاو نە لە سیفاتیاو نە لەکرداریدا.

(٦٥) جا ئەو کۆمەڵانە، واتە: گاورو جولەکە لەنێوان خۆیاندا ناڕێکیان تێکەوت تەنانەت گاورەکان بوون بەچوار بەشەوە: نەستوری کەعیسا بە کوڕی خوا دەزنن، مەلکیە کە بە خوای سێهەمی دەزانن، ویەعقوبی کە هەر ئەو بەخوا دەزانن، هەندێکیشیان یەکتاپەرستی چاك بون، جا وای بۆ ئەو کەسانەی کە ستەمیان کردوە لە سزای بەژانی ئەو ڕۆژەی کە پێی دەگەن کەڕۆژی زیندوبونەوەو حیسابە، پاشان پردی سیراتو ئاگری دۆزەخە.

وَإِنَّهُۥ لَعِلْمٌ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا وَٱتَّبِعُونِ هَٰذَا صِرَٰطٌ
مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾ وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ
﴿٦٢﴾ وَلَمَّا جَآءَ عِيسَىٰ بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالَ قَدْ جِئْتُكُم بِٱلْحِكْمَةِ
وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى تَخْتَلِفُونَ فِيهِ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ
﴿٦٣﴾ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ
﴿٦٤﴾ فَٱخْتَلَفَ ٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ ظَلَمُوا۟
مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ ﴿٦٥﴾ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن
تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٦٦﴾ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ
بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ يَٰعِبَادِ لَا خَوْفٌ
عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ ﴿٦٨﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا
وَكَانُوا۟ مُسْلِمِينَ ﴿٦٩﴾ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ أَنتُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ
تُحْبَرُونَ ﴿٧٠﴾ يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ
وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ وَأَنتُمْ فِيهَا
خَٰلِدُونَ ﴿٧١﴾ وَتِلْكَ ٱلْجَنَّةُ ٱلَّتِىٓ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ
تَعْمَلُونَ ﴿٧٢﴾ لَكُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٧٣﴾

(٦٦) ئایا جگە لە هاتنی ڕۆژی قیامەت کە بە کتوپڕی بدات بەسەریانداو ئەوان هەست بەهیچ نەکەن چاوەڕوانی چی تر دەکەن؟ جا ئەو کاتە بە تەواوی پەشیمان دەبنەوە بەڵام ئەو پەشیمان بونەوە لەو کاتەدا هیچ سودێکیان پێ ناگەینی.

(٦٧) ئەو ڕۆژە دۆستەکان هەندێکیان دوژمنی هەندێکیانن‌و هەریەکەیان ئەوی تریان تاوانباردەکاتو داوای سزای توند بۆ یەکتر دەکەنو جنێو بە یەکتر دەدەن جگە لە پارێزکاران کە لەوێ دۆستایەتیەکانیان خۆشترو بەتامترەو پاش دەرچونی فرمانی شەفاعەت کردن بە هانای یەکترەوە دێنو تکا بۆ یەکتریش دەکەنو دەبنە هۆی ڕزگار کردنی یەکتر لەئاگری دۆزەخ. جا لەوڕۆژەدا پەروەردگار بانگ دەکاتو دەفەرموێ:

(٦٨) ئەی بەندە ڕاستەکانم ئەمڕۆ هیچ مەترسیەك بۆ ئێوە نیەو ئێوە ئیتر خەم ناخۆنو دڵتەنگ نابن بەهۆی ئەو هەمو چاکەیە کە لەگەڵتان دەکرێت لەلایەن منەوە. جائەو بەندە ڕێز لێگیراوانەمان بۆباس دەکاتو دەفەرموێ:

إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ (٧٤) لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ
فِيهِ مُبْلِسُونَ (٧٥) وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلظَّٰلِمِينَ (٧٦)
وَنَادَوْا۟ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ۖ قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ (٧٧) لَقَدْ
جِئْنَٰكُم بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ (٧٨) أَمْ أَبْرَمُوٓا۟ أَمْرًا
فَإِنَّا مُبْرِمُونَ (٧٩) أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُم ۚ بَلَىٰ
وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ (٨٠) قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدٌ فَأَنَا۠ أَوَّلُ
ٱلْعَٰبِدِينَ (٨١) سُبْحَٰنَ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ
عَمَّا يَصِفُونَ (٨٢) فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا۟ وَيَلْعَبُوا۟ حَتَّىٰ يُلَٰقُوا۟ يَوْمَهُمُ
ٱلَّذِى يُوعَدُونَ (٨٣) وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ وَفِى ٱلْأَرْضِ
إِلَٰهٌ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ (٨٤) وَتَبَارَكَ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ
(٨٥) وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَٰعَةَ إِلَّا مَن
شَهِدَ بِٱلْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ (٨٦) وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ
لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ (٨٧) وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمٌ
لَّا يُؤْمِنُونَ (٨٨) فَٱصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَٰمٌ ۚ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ (٨٩)

(٦٩) ئەو کەسانەن کە باوەڕیان هێناوە بەتاكو تەنهایی خواو پەیڕەوی پێغەمبەرو ئایینی خۆیان کردوەو بە چاکی گەردن کەچی فەرمانەکانی ﷲ بوون.جا پێیان دەوترێت:

(٧٠) خۆتانو هاوسەرەکانتان بچنە ناو ئەو سەیرانگای بەهەشتەوەو خۆش ڕابوێرن.

(٧١) کە قاپە زێڕینەکانی پڕ لە میوە بەناویاندا دەخولێنرنەوەو ئەوەش کەئارەزۆیان لێ بێتو چاوەکانیان پێی گەشو شادمان بێت لەوێدا هەیە بۆیان، ئەوسا ئێوە لەناو ئەو نازو نیعمەتەیشدا بۆ هەمیشەدەمێننەوە، جا پەروەردگار بۆ زیاتر دڵخۆشکردنیان پێیان دەفەرموێ:

(٧٢) ئەوە ئەو بەهەشتەیە کە بەهۆی کارو تەلاشی خۆتانەوە بە کەلەپور پێمداون، پێغەمبەری ﷺ خوا دەفەرموێ: { يُنَادِي مُنَادٍ إِنَّ لَكُمْ أَنْ تَحْيَوْا فَلَا تَمُوتُوا أَبَدًا وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَصِحُّوا فَلَا تَسْقَمُوا أَبَدًا وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَشِبُّوا فَلَا تَهْرَمُوا أَبَدًا وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَنْعَمُوا فَلَا تَبْأَسُوا أَبَدًا فَذَلِكَ قَوْلُهُ تَعَالَى وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ/الترمذي وصححه الالباني/ جارچیەك جاڕ دەدات کە: بێگومان دەژین ئەوسا ئیتر نامرن، جا بێگومان ساقو سەلیم دەبنو ئیتر هەرگیز نخۆش ناکەون،وەبێگومان کە گەنج دەبنەوەو هەرگیز پیر نابن، خۆبێگومان کە لە کەیفو خۆشیدا دەبن ، سا ئیتر بۆ هەمیشە کەم دەست ونائومێد نابن، جا ئا ئەمەیە مانای فەرمودەی خوای باڵادەست:﴿ئەوە ئەو بەهەشتەیە کە بەهۆی کارو تەلاشی خۆتانەوە بە کەلەپور پێمداون ﴾}

(٧٣) کە لەناویدا میوەی زۆرتان بۆ هەیەو لەو دەخۆن بەبێ بێتاقەت بونو بەبێ بڕانەوەی میوەکان، بەڵێ خواردنو خواردنەوەو باسی میوەکانیشی بۆ کردین تا زیاتر ئارەزۆی بکەینو چاکی بۆی هەوڵ بدەین، لەفەرمودەدا هاتوەکە پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی:{ إِنَّ أَهْلَ الْجَنَّةِ يَأْكُلُونَ فِيهَا وَيَشْرَبُونَ وَلَا يَتْفُلُونَ وَلَا يَبُولُونَ وَلَا يَتَغَوَّطُونَ وَلَا يَمْتَخِطُونَ قَالُوا فَمَا بَالُ الطَّعَامِ قَالَ جُشَاءٌ وَرَشْحٌ كَرَشْحِ الْمِسْكِ يُلْهَمُونَ التَّسْبِيحَ وَالتَّحْمِيدَ كَمَا تُلْهَمُونَ النَّفَسَ / مسلم/ بێگومان خەڵکی بەهەشتی بە ئارەزۆی خۆیان دەخۆنو دەخۆنەوە ، جا نەتف ئەکەنو نەمیزو پیسیو نەچڵمیان هەیە.وتیان: ئەی ئەو خواردنە چی لێ دێت؟ فەرموی: قرپێنەیەو ئارەقێکە بۆنی وەکو میسکەو سبحان اللهو الحمدللهو اللهاکبر، ئەخرێتە ناو دڵیانەوەو هەر ئەوە دەڵێنەوە- لەریوایەتێکی ترداهاتوە- کە ئەم زیکرانە وەکو هەناسەدانی لێ دێت بۆیانو هەست بەماندوبون ناکەن} ئینجا باسی ستەمکارانو سزاکانیان دەکاتو دەفەرموێ:

(٧٤) بێگومان ستەمکاران لەناو سزای دۆزەخدان بۆ هەمیشە.

(٧٥) کە هەرگیز ئەوان سزایان لێ نابچڕێت، جالەناویداو نائومێدنو هیچ دەرفەتێکیان نیە بۆ ڕزگار بوون، جا پەروەردگار دەفەرموێ:

(٧٦) خۆ ئێمە هیچ ستەمێکمان لەوان نەکردوە بەڵکو ئەوان خۆیان ستەمیان لەخۆیان کردوە بەهەڵبژاردنی ڕێبازی هەڵەو دژی ئایینودژی مرۆڤایەتی.

(٧٧) جا ئەوان لەوێدا ئەوەندە ئێشوئازاریان زۆرە بانگی دەرگاوانی دۆزەخ دەکەنو دەڵێن: ئەی مالك با

پەروەردگارت بڕیارمان بەسەردا بداتو لەم ژینە خراپە دەرمان بكات .

٧٨ جا ئەویش لەوەڵامیاندا دەڵێت: بێ گومان هەر دەمێننەوە لێرەو دەرچوونتان نیە، جا بۆیە ئەم كارە ساتەیان بەسەر هاتوە چونكە بەڕاستی ئێمە بەرنامەی ڕاستودروستمان بۆ ناردون بەڵام زۆربەتان خۆشتان لە ڕاستی نەبو بەڵكو دژایەتیتان كرد جا وا ئەمڕۆ بە بەرهەمی كارە ناپەسەندەكانی خۆتان گەیشتون . ئینجا ئەمانهێنێتەوە بۆ دنیاودەفەرموێ:

٧٩ بەڵكو ئەگەر ئەوان دەیانەوێت فڕوفێڵێكی بتەو و بەهێز دژی پێغەمبەر ﷺ و ئایینەكەی ئەنجام بدەن ، سا چاك بزانن كە ئێمەیش لەوان توندترو سەختتر ڕەفتاریان لەگەڵدا دەكەین.

٨٠ نەخێر، ئەوان وا دەزانن كە ئێمە شتە شاراوەكانیانو چپەكانیان نابیسین؟ وانیە، بۆچونەكە یان زۆر هەڵەیەو نێردراوەكانی ئێمە وان لەگەڵ ئەوانداو دەینوسن ئەو شتانەی كە دەیڵێن چ بە زمان دەری بخەن یان بیشارنەوە.

٨١ ئەی محمدﷺ بڵێ: ئەگەر ڕەحمان منداڵی بوایە ئەوسا من یەكەم كەس دەبووم بۆ پەرستنی، چونكە من لەئێوە چاكتر خوا دەناسمو زیاتر لێی دەترسم ئاشكرایە كە منداڵی نیە كەواتە تەنها هەر زاتی خۆی دەپەرستمو ئێوەش بۆ ئەوە بانگ دەكەم. هەندێكیش وشەی{إن} بەحەرفی نەفی دەزانن واتە، ڕەحمان كەزاتی اللەیە منالی نیەو من یەكەم كەسی خەڵكی مەكەم لەم سەردەمەدا كە اللە بەتاكو تەنهایی دەپەرستم.مانای تریش كراوەبەڵام من یەكەمیانم بەلاوەنزیكترە.

٨٢ بێ عەیبی بۆ پەروەردگاری ئاسمانانو زەوی، پەروەردگاری عەرش لەو وەسفە نارەوایەی كە بۆ اللهی دادەنێنو دەڵێن الله منداڵی هەیە.

٨٣ سا تۆ لێیان گەڕێ با هەر قسەی پڕوپوچو گاڵتە بكەن تا ئەگەن بەو ڕۆژەیان كە بەڵێنیان پێدراوە، جا ئەو كاتە دەزانن كێ سەركەوتووە كێیش دۆڕاوە.

٨٤ خۆ هەر ئەو زاتەیە كە شایستەی پەرستنە لە ئاسماندا، وە هەر ئەویشە شایستەی پەرستن لە زەویدا، خۆ هەر ئەوە دانایە لە كاروباریداو زۆر زانایە بە هەمو نیەتو قسەو كردارێك كەم یان زۆر، ئاشكرا یان شاراوەو هەمویشی تۆمار دەكرێتو هیچی لێ ون نابێت.

٨٥ جا بێ عەیبەو خاوەنی خێری زۆرە ئەو زاتەی كە ئاسمانانو زەویو ئەوەی كە لە نێوانیاندایە موڵكی ئەوە، ئەوسا زانینی كاتی هاتنی قیامەت تەنها لەلای ئەوەو كەسی تر هیچی لێ نازانێتو هەر بۆلای ئەو دەبرێنەوە.

٨٦ خۆ ئەو كەسانەی كە جگە لەو دەیان پەرستن خاوەنی تكاو پاڵپشت نین بۆ كەس، مەگەر ئەو كەسەی بەڕاستی شایەتی دابێتو وتبێتی (أشهَدُ أن لا إلَهَ إلّا الله) و بە دڵیش باوەڕی پێی هەبوبێت ، ئەمانە پاش ڕەزامەندی الله دەتوانن تكاو شەفاعەت بكەن وەكو عیساو عوزەیرو پێغەمبەرانی تریشو پیاوچاكانو شەهیدان ئەگەر چی خەڵكی جاهیلو نەفامیش ئەوانە بپەرستن ،چونكە ئەوان تاوانێكیان نیە لەو بارەوەو لە پلەی ئەوان كەم نابێتەوە چونكە ئەوان خەڵكیان بۆ یەكتاپەرستی بانگ كردووەو لە پێناوی ئەوەشدا لە دنیا ئازار دراون.

٨٧ جا ئەگەر لێیان بپرسیت، كە كێ دروستیكردون دەڵێن: الله دەی چۆن لەو ڕاستیە لادراون؟

٨٨ وەلەلای اللهیە قسەی پێغەمبەرەكەی كەدەیوت: ئەی پەروەردگارم بێگومان ئەمانە گەلێكن كە باوەڕ ناهێنن بەم قورئانە، جا پەروەردگار بە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:

٨٩ جا تۆ وازیان لێ بێنەو بڵێ: لە منەوە هەر ئاشتیو بێ زیانی بۆ ئێوە هەیەو بە خراپەی ئەوان وەڵامیان مەدەرەوە، بەم زوانە دەزانن چیان كردوە و بەرهەمی كردارو ڕەفتاری خۆیان وەردەگرن، دیارە ئەمە بەر لە فرمانی جیهاد بوە ،جا ئەگەر مەبەست خۆگرتن بێت لە شەڕ كردن لەگەڵیاندا ئەمە مەنسوخە بە ئایەتی فرمان بەغەزاو شەڕ كردنو ئەگەر مەبەستیش وەڵام نەدانەوەی خراپە بە خراپە بێت ئەوە یەكێكە لە ڕەوشتە بەرزەكانو نەسخی تێدا نیە.

٤٤ سُورَةُ الدُّخَانِ ٥٩

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

حمٓ ﴿١﴾ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةٍ
مُّبَٰرَكَةٍ ۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴿٣﴾ فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ ﴿٤﴾
أَمْرًا مِّنْ عِندِنَآ ۚ إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ ﴿٥﴾ رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ
ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٦﴾ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَآ ۖ
إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ ﴿٧﴾ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۖ رَبُّكُمْ
وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٨﴾ بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ يَلْعَبُونَ
﴿٩﴾ فَٱرْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِى ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ﴿١٠﴾ يَغْشَى
ٱلنَّاسَ ۖ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١١﴾ رَّبَّنَا ٱكْشِفْ عَنَّا ٱلْعَذَابَ
إِنَّا مُؤْمِنُونَ ﴿١٢﴾ أَنَّىٰ لَهُمُ ٱلذِّكْرَىٰ وَقَدْ جَآءَهُمْ رَسُولٌ مُّبِينٌ ﴿١٣﴾
ثُمَّ تَوَلَّوْا۟ عَنْهُ وَقَالُوا۟ مُعَلَّمٌ مَّجْنُونٌ ﴿١٤﴾ إِنَّا كَاشِفُوا۟ ٱلْعَذَابِ قَلِيلًا ۚ
إِنَّكُمْ عَآئِدُونَ ﴿١٥﴾ يَوْمَ نَبْطِشُ ٱلْبَطْشَةَ ٱلْكُبْرَىٰٓ إِنَّا مُنتَقِمُونَ
﴿١٦﴾ ۞ وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ وَجَآءَهُمْ رَسُولٌ
كَرِيمٌ ﴿١٧﴾ أَنْ أَدُّوٓا۟ إِلَىَّ عِبَادَ ٱللَّهِ ۖ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٨﴾

٤٤ سورەتی دوخان ٥٩

سورەتی دوخان کە سورەتی چل‌وچوارهەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، پەنجاو نۆ ئایەتە. وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی شەستو سێ هەمەو پاش سورەتی (الزخرف) و پێش (الجاثية) دابەزیوە.

بەناوی الله ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) حامیم. الله هەر خۆی دەزانێ مەبەست لەم دوو پیتە چیە.

(٢) سوێند بەم پەڕاوە کە قورئانەو ڕۆشنکەرەوەی حەڵاڵو حەرامو ڕاستو ناڕاستو چاكو خراپە.

(٣) بەبێگومان ئێمە ترسێنەری خراپەکارانین پێش ئەوەی کە بە دادگاو سزای ئێمە بگەن، بەڵکو بیر بکەنەوەو واز لە تاوانو خراپە بهێنن.

(٤) هەر لەو شەوەشدا هەموو بڕیارێکی بتەو کە ناگۆڕێت لەبارەی ژیانو مردنو رزقو رۆزییەوە لەلایەن اللهوە یان لە{لەوحولەحفوزەوە} ڕەوانەی لای فریشتەکانی مەئمور دەکرێت، ئەو شەوەش ئەگەر چی وتراوە پانزەی مانگی شەعبانە بەڵام ڕاستر ئەوەیە کە شەوی قەدرە کە قورئانی تێدا ڕەوانە کراوەتە خوارەوە کە جیاکەرەوەی هەموو حەرامو حەڵاڵو ڕاستیو ناڕاستیەکە.

(٥) کە فرمانێکی گەورەیە لەلایەن ئێمەوە بەڕاستی ئێمەین کە پێغەمبەرانمان ڕەوانە کردوەو تۆش ئەی محمد یەکێکی لەو پیغەمبەرانە، جا خەڵك پێی خۆش بێت یان نە، چونکە ئێمە خەڵکمان بۆ تاقیکردنەوە هێناوەتە ئەم دنیایەو لە تاقیکردنەوە چۆن دەرچو بەو شێوە لە قیامەتدا ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت.

(٦) ئەمە سۆزو میهرەبانیەکە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆ خەڵك بێگومان کە ئەو خۆی چاك قسان دەبیستیو زۆر زانایە بەسەر کاروباری خەڵکداو هیچ شتێك لەبازنەی زانیاری ئەو دەر ناچێت.

(٧) ئەگەر یەقینتان هەیە ئەو زاتە پەروەردگاری تەواوی ئاسمانانو زەویو ئەوەیەکە لەنێوانیاندایەو هەموی ئەو دروستیکردونو پەروەردەیان دەکات.

(٨) هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەی تر نیە جگە لەو زاتەی کە هەمو مردویەك زیندو دەکاتەوەو هەر خۆیشی دەیمرێنێ، پەروەردگارتانەو پەروەردگاری باو باپیرانی پێشویشتانە.

(٩) بەڵکو ئەوان لەم ئایینەدا لە گوماندانو گاڵتە دەکەن بە پێغەمبەر ﷺ و پەیرەوانیو بەرنامەکەی، جا خوا هەڕەشەیان لێ دەکاتو دەفەرموێ:

(١٠) ئەوسا تۆ چاوەڕێی ڕۆژێك بە کە ئاسمان دوکەڵێکی ئاشکرای لێ پەیدادەبێت.

(١١) کەخەڵکی دادەپۆشێ جا ئەو کاتە دەڵێن: ئەمە سزایەکی بەژانە.

(١٢) داوادەکەن لەخواودەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ئەم سزایەمان لەسەر لابە بێگومان ئێمە باوەڕ دەکەین بەوەی کە پێغەمبەرەکەت ڕاست دەکات، لەعەبدوڵای کوڕی

وَأَن لَّا تَعْلُوا عَلَى اللَّهِ إِنِّي آتِيكُم بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ (١٩) وَإِنِّي عُذْتُ
بِرَبِّي وَرَبِّكُمْ أَن تَرْجُمُونِ (٢٠) وَإِن لَّمْ تُؤْمِنُوا لِي فَاعْتَزِلُونِ (٢١) فَدَعَا
رَبَّهُ أَنَّ هَٰؤُلَاءِ قَوْمٌ مُّجْرِمُونَ (٢٢) فَأَسْرِ بِعِبَادِي لَيْلًا إِنَّكُم
مُّتَّبَعُونَ (٢٣) وَاتْرُكِ الْبَحْرَ رَهْوًا إِنَّهُمْ جُندٌ مُّغْرَقُونَ (٢٤) كَمْ
تَرَكُوا مِن جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (٢٥) وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ (٢٦) وَنَعْمَةٍ
كَانُوا فِيهَا فَاكِهِينَ (٢٧) كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا قَوْمًا آخَرِينَ (٢٨)
فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ وَمَا كَانُوا مُنظَرِينَ (٢٩) وَلَقَدْ
نَجَّيْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ مِنَ الْعَذَابِ الْمُهِينِ (٣٠) مِن فِرْعَوْنَ إِنَّهُ
كَانَ عَالِيًا مِّنَ الْمُسْرِفِينَ (٣١) وَلَقَدِ اخْتَرْنَاهُمْ عَلَىٰ عِلْمٍ عَلَى
الْعَالَمِينَ (٣٢) وَآتَيْنَاهُم مِّنَ الْآيَاتِ مَا فِيهِ بَلَاءٌ مُّبِينٌ
(٣٣) إِنَّ هَٰؤُلَاءِ لَيَقُولُونَ (٣٤) إِنْ هِيَ إِلَّا مَوْتَتُنَا الْأُولَىٰ وَمَا
نَحْنُ بِمُنشَرِينَ (٣٥) فَأْتُوا بِآبَائِنَا إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (٣٦) أَهُمْ
خَيْرٌ أَمْ قَوْمُ تُبَّعٍ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ أَهْلَكْنَاهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ
(٣٧) وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ (٣٨)
مَا خَلَقْنَاهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (٣٩)

عەباسەوە هاتوە کەوتی: پێغەمبەری خوا کاتێ دی کە خەڵکی مەکە پشت لەخۆیو پەیامەکەی دەکەن فەرموی: {اللَّهُمَّ سَبْعٌ كَسَبْعِ يُوسُفَ فَأَخَذَتْهُمْ سَنَةٌ حَصَّتْ كُلَّ شَيْءٍ حَتَّى أَكَلُوا الْجُلُودَ وَالْمَيْتَةَ وَالْجِيَفَ وَيَنْظُرُ أَحَدُهُمْ إِلَى السَّمَاءِ فَيَرَى الدُّخَانَ مِنَ الْجُوعِ فَأَتَاهُ أَبُو سُفْيَانَ فَقَالَ يَا مُحَمَّدُ إِنَّكَ تَأْمُرُ بِطَاعَةِ اللَّهِ وَبِصِلَةِ الرَّحِمِ وَإِنَّ قَوْمَكَ قَدْ هَلَكُوا فَادْعُ اللَّهَ لَهُمْ قَالَ اللَّهُ تَعَالَى فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُبِينٍ إِلَى قَوْلِهِ إِنَّكُمْ عَائِدُونَ يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَى إِنَّا مُنْتَقِمُونَ فَالْبَطْشَةُ يَوْمَ بَدْرٍ وَقَدْ مَضَتْ الدُّخَانُ وَالْبَطْشَةُ وَاللِّزَامُ وَآيَةُ الرُّومِ/ البخاري/، خوایە حەوت ساڵ گرانی وەك گرانیەکانی سەردەمی یوسف علیەالسلام بدەیت بەسەر ئەم خەڵکەدا،جا خوا نزاکەی لێوەرگرتو ساڵە گرانیەکی وا گرتنی کە هەمو شتێکی لەناوبرد، تا وایان لێ هات کە لەبرسا پێستەکانو مردارەبوو کەلاشە بۆگەنیوەکانیان دەخوارد، جاهەرکام لەوان تەماشای ئاسمانی بکردایە لەبرسا هەر دوکەڵی دەبینی، جا ئەبوسوفیان هات بۆلای پێغەمبەر ﷺ و وتی: ئەی محمد تۆ فرمان بە بەندایەتی خواو بەتین کردنی پەیوەندی خزمایەتی دەدەیت لەحاڵێکدا خزمەکانت خەریکە لەناودەچن لەبەر ساڵەگرانی، جا داوا بکە لەخوا بۆیان بۆ نەمانی ئەو قاتوقڕیە، خوای باڵادەست فەرموی:﴿ ئەوسا تۆ چاوەڕێی ڕۆژێك بە کە ئاسمان دووکەڵێکی ئاشکرای لێ پەیدادەبێت/هەتا/ بێگومان ئێمە ئەو سزایە کەمێك لادەبەین بەڵام ئەوان بە بێگومان دەگەڕێنەوە سەر بەرنامە خراپەکەی پێشوی خۆیان. جا باس بکە بۆیان ئەو ڕۆژەی کە زللەی گەورەتریان لێ دەدەین بەبێگومان کەئێمە تۆڵەوەردەگرین﴾ کەبریتی بو لەناو چونی سەرانی قورەیش لەبەدردا، بەراستی دوکەڵو لێدانی گەورەو لیزامونیشانەی رۆم تێ پەڕین}جا پێیان دەوترێت:

(١٣) ئەو کاتە تازە چ سودێکی هەیە بیرکردنەوە؟ وە بەراستی پێغەمبەرێك کە ڕۆشنکەرەوەی ڕاستو ناڕاستە هاتە لایانو پەیامی اللَّهُ ی پێگەیاندن

(١٤) بەڵام ئەوان نەك باوەڕیان پێ نەکرد، بەڵکو ئەوان پاش ئەو ڕۆشنکردنەوەیە پشتیان تێکردو وتیان: ئەمە فێرکراوێکی شێتە. بەڵام وا ئێستا سزا دەبینن دەڵێن: باوەڕمان هەیە؟! جا پەروەردگار دەفەرموێ:

(١٥) بێگومان ئێمە ئەو سزایە کەمێك لادەبەین، بەڵام ئەوان بە بێگومان دیسان دەگەڕێنەوە سەر بەرنامە خراپەکەی خۆیان،

(١٦) جا باس بکە بۆیان ئەو ڕۆژەی کە زللەی گەورەتریان لێ دەدەین. وەکو ڕۆژی بەدر کە حەفتا کەس لە سەرانی قورەیش کوژران لەوانە ئەبوجەهلو شەیبەو عوتبەو وەلیدو حەفتا کەسیشیان بە دیلی کەوتنە دەست پێغەمبەرەوە ﷺ کە لەپێشیشدا بە بێ بارانیو گرانی ڕووبەڕوو بونەوە تا پاڕانەوە لە پێغەمبەر کە دوعایان بۆ بکات بۆ ئەوەی لەو سەختیە ڕزگاربن، پێغەمبەری میهرەبانو بەسۆزیش ﷺ پاڕاوە بۆیانو ئەو بێ بارانیو گرانیە نەما لەناویاندا، بەڵام هەروەکو پەروەردگار فەرموی: ئەوان دیسان دەستیان دایەوە دژایەتی پێغەمبەر ﷺ و ئایینەکەیو خواش ئاوا هەڕەشەیەکی لێکردن کە لە بەدردا هاتە دی.

(١٧) جا بەراستی پێش ئەوانیش هۆزی فیرعەونیشمان
تاقیکردەوەو پێغەمبەرێکی بەڕێزمان بۆ ناردن کە موسا
عليه السلام بو.
(١٨) کەپێی وتن: بەندەکانی اللهم بدەرە دەستوستەمیان
لێ مەکە بێگومان کە من پێغەمبەرێکی دەستو دەم پاکم
بۆ ئێوەو هەرگیز بە خراپەتان ڕازای نیمو پێم خۆشە بە
خۆشیو سەرفەرازی بژینو فرمانی الله جێ بەجێ بکەن.
(١٩) سا لەڕاست اللهدا خۆتان بە زل مەزانن، بێگومان من
بە بەلگەیەکی ڕۆشنکەرەوە هاتوومەتە لاتان، بەلگەکانیشم
کە دەستو عەساکەمە سەلمێنەری ڕاستیو دروستی
پێغەمبەرێتی منن، بەلاَم ئەوان هەڕەشەیان لێکرد، جا ئەو
پێغەمبەرە بەرێزە وتی:
(٢٠) بێگومان من پەنا دەگرم بە پەروەردگارمو
پەروەردگارتان لەوەی کە بەرد بارانم بکەنو ئێشو ئازارم
بۆ دروست بکەن. (٢١) جا ئەگەر باوەڕیشم پێ ناکەن، سا
وازیشم لێ بێنن، بەلاَم ئەوان لە سزادانی وازیان نەهێنا.
(٢٢) ئەوسا ڕوی کردە پەروەردگاریو داوای لێ کردو وتی:
بێگومان کە ئەمانە گەلێکی تاوانبارن، جا پەروەردگاری
هات بەدەمیەوەو نزاکەی لێ وەرگرتو بڕیاری سزادانیانی
دا.
(٢٣) جا فەرموی: دەی شەو بەندەکانی من، ئەوانەی کە
باوەڕیان پێت هێناوە ببەرە دەرەوەو ڕاکەو لە دەستی
فیرعەون خۆت دەربکە، بێگومان کە ئەوانیش بەدواتاندا
دێن کە ئەمە داوێکە بۆ فیرعەون کەالله هەرخۆی دەزانێت
کە چۆن نەخشەی بۆ دەکێشێت، بەلێ موسا دەرچوو تا
گەیشتە لێواری دەریای نیل لە میسرو ڕۆژ بویەوەو
فیرعەون بە لە شکرەکەیەوە کە بۆی کۆکرا بویەوە
گەیشتنە لایانو گەلەکەی موسا وتیان: ئەی موسا ئەوە
فیرعەون هاتو بەردەمیشمان دەریایەو چی بکەین؟
ترسێکی وا دای گرتن مەگەر هەر خۆی بزانێ، موسا وتی:
بێگومان من الله م لەگەلدایە.جا الله بە موسای فەرمو:
عەساکەت لەو دەریایە بدەو موسایش عەساکەی لێداو
دەریا لەت بوو هەر یەکەی بە ئەندازەی چیایەك بەرزبوو
پەروەردگار ئەو ڕێگایەی زۆر بەزوی وشکی کردەوە بۆیان،
جا موسا بەخۆیو پەیڕەوانیەوە لەو دەریایە دەرچوونو
فیرعەونیش بە لەشکرەکەیەوە گەیشتە لێواری دەریاکە،
(٢٤) جاالله فەرموی: موسا واز لەو دەریایە بهێنە با هەروا
بمێنێتەوە، بێگومان ئەوانە سەرباز گەلێکن لەناویدا
دەخنکێنرێن، بەلێ وا ستەمکاران لەناو ئەو دەریایەدا
خنکێنرانو هیچیان دەرنەچون، چونکە دەریاکە کاتێك کە
ئەوان بە تەواوی هاتنە ناویەوە یەکی گرتوهەمویان
کەوتنە بن دەریاکەوە (٢٥) زۆرێك لە باخچەو کانیاوان،
(٢٦) لە شینایيو جێگای بەڕێزیان.
(٢٧) وە لە نازو نیعمەتێك کە لەناویدا کەیفیان دەکرد،
هەمویان بەجێهێشتو ئەوان هەر بە خنکاندنیان چونە
ناو ئاگرەوە.
(٢٨) جا پەروەردگار دەفەرموێ: بریاری ئێمە هەر ئاوایەو
نەگۆڕاوە بۆ ستەمکاران، خۆ ئێمە گەلێکی ترمان دانا لە
جێگایاندا.
(٢٩) ئەوسا کاتی هاتنی سزایان نە ئاسمان بۆیان گریاو نە
زەویيو ئیتر هیچ ماوەیشیان پێ نەدرا بۆ ژیان، واتە هیچ
کەس خەمی نەخواردن.
(٣٠) جا بەراستی نەوەی ئیسرائیلمان لەو سزا سوك
کەرەیەمان ڕزگار کرد.
(٣١) لەو فیرعەونەی کە بەڕاستی ئەو لەو کەسانە بو کە لە
تاوانو خراپە کاریدا لە سنور تێ پەڕیبوون.
(٣٢) جا بەراستی ئێمە ئەوانمان هەلبژاردبو بەسەر خەلکی
جیهانیانی سەردەمی خۆیاندا لەسەر زانیاریەك کە بومان
دەربارەیان.
(٣٣) جا لە نیشانەگەلێك بەوانمان دابو وەك دەستی موساو
عەساکەيو لەت کردنی دەریاو شتی تریش
تاقیکردنەوەیەکی ڕوونی تێدابوو بۆ هەر کەسێك کە

مەبەستی ڕێگای ڕاستی بوایە، بەڵام فیرعەونو دەستو پێوەندەکانی باوەڕیان پێ نەکرد تا بەو ڕۆژە ڕەشە گەیشتنو ئەوەش سەر ئەنجامی هەمو خوا نەناسێکی تاوانبارە، بەڵێ ئەمانە باوەڕیان بە زیندوبوونەوە نەبوە.

(٣٤) بەبێگومان ئەوانە دەڵێن: (٣٥) جگە لە مردنی سەرەتا کە مەنی بووینو پاشان گیانمان تێکراوە تازە پاش مردن ئێمە زیندو ناکرێینەوە بۆ لێپرسینەوەو ژیانێکی تر نیە.

(٣٦) سا ئەگەر ڕاست دەکەنو زیندو کردنەوە هەیە دەی باو باپیرانمان بۆ بهێننەوە بە زیندویی.

(٣٧) خواش دەفەرموێ: ئایا ئەوان چاکترن یان گەلی توبەع لە سەبەئدا بوون پاشان ﷲ وڵاتی وێران کردنو خۆیشیانی پارچە پارچەکرد لە وڵاتانداو ئەو کەسانەش کە لە پێش ئەواندا بوون کە لەناومان بردن؟ بەڕاستی ئەوانیش گەلێکی تاوانبار بون.

(٣٨) خۆ ئێمە ئاسمانانو زەویو ئەوەی کە لەنێواندایە بە گاڵتەو بێ سودو بێ بەرنامە دروست نەکردوەو گەمەکەرنین.

(٣٩) ئەو دوانەمان تەنها بۆ مەبەستێکی ڕاست دروست کردون، بەڵام زۆربەیان نازاننو ڕاست و ناڕاست لەیەك جیا ناکەنەوە.

(٤٠) بێگومان ڕۆژی جیاکردنەوە کە ڕۆژی قیامەتە کاتی هەموویانەو دەبێ بە یەکسانی هەمویان بگرێتەوە.

(٤١) ڕۆژێکە کە هیچ دۆستێك هیچ کارێکی پێ ناکرێت بۆ دۆستی خۆیو ئەوان یارمەتی نادرێن.

(٤٢) جگە لەو کەسەی کە ﷲ بەزەیی پێدا هاتووەتەوە کە باوەڕدارانی ڕاستەقینەنو بە فەرمانی ﷲ توانای بەدەمەوە هاتنو تکا کردنیان هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ﷲ ڕازی بێت بەو تکاکردنە بۆی، بێگومان کە ئەو هەر خۆیەتی دەسەڵاتدارو میهرەبان.

(٤٣) (٤٤) بەڕاستی ئەو درەختی ژەقنەموتە، خواردنی گوناهبارانە،

إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ مِيقَـٰتُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٠﴾ يَوْمَ لَا يُغْنِى مَوْلًى
عَن مَّوْلًى شَيْـًٔا وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤١﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ ٱللَّهُ
إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٢﴾ إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾
طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ كَٱلْمُهْلِ يَغْلِى فِى ٱلْبُطُونِ ﴿٤٥﴾ كَغَلْىِ
ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٦﴾ خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ
صُبُّوا۟ فَوْقَ رَأْسِهِۦ مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٨﴾ ذُقْ إِنَّكَ
أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ ﴿٤٩﴾ إِنَّ هَـٰذَا مَا كُنتُم بِهِۦ تَمْتَرُونَ
﴿٥٠﴾ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى مَقَامٍ أَمِينٍ ﴿٥١﴾ فِى جَنَّـٰتٍ وَعُيُونٍ
﴿٥٢﴾ يَلْبَسُونَ مِن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَقَـٰبِلِينَ ﴿٥٣﴾
كَذَٰلِكَ وَزَوَّجْنَـٰهُم بِحُورٍ عِينٍ ﴿٥٤﴾ يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ
فَـٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ ﴿٥٥﴾ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلْمَوْتَ
إِلَّا ٱلْمَوْتَةَ ٱلْأُولَىٰ ۖ وَوَقَىٰهُمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿٥٦﴾ فَضْلًا
مِّن رَّبِّكَ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٥٧﴾ فَإِنَّمَا يَسَّرْنَـٰهُ بِلِسَانِكَ
لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾ فَٱرْتَقِبْ إِنَّهُم مُّرْتَقِبُونَ ﴿٥٩﴾

٤٥ سُورَةُ الجَاثِيَةِ ٣٧

(٤٥) کەوەکو مزی تواوە لەناو سکیاندا دەکوڵێت،

(٤٦) هەروەکو چۆن ئاوی گەرم دەکوڵێت.

(٤٧) جا فرمان دەدرێت کە بیگرن جا بە توندی ڕایکێشن بۆ ناوەڕاستی دۆزەخ.

(٤٨) پاشان لەو ئاوە کوڵیوە داخە بکەن بەسەریدا، بۆسزادان.

(٤٩) دەبخۆ بێگومان تۆ لە دنیادا بەدەسەڵاتو بەڕێز بوویت (ئەمە گاڵتە پێ کردنیەتی).

(٥٠) بێگومان ئەوە ئەو سزایە بو کە ئێوە گومانتان لێی بو. جا پاش باسی خراپەکارو سزاکانیان، ئینجا باسی چاکەکارانو نیعمەتەکانیان دەکاتو دەفەرموێ:

(٥١) بێگومان پارێزکاران لە ڕۆژی قیامەتدا لە جێگای هێمندان نەترسیان لە مردنەو نەترسیان لە دەرچوونەو هیچ خەمێکیان نیەو لە فرۆفێڵی شەیتانو شەیتان سیفەتان ڕزگارنو هیچ دەردو بەڵایەکیان نیە.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

حمٓ (١) تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ (٢) إِنَّ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ لَءَايَٰتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ (٣) وَفِى خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِن دَآبَّةٍ ءَايَٰتٌ
لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ (٤) وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ
مِن رِّزْقٍ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ ءَايَٰتٌ لِّقَوْمٍ
يَعْقِلُونَ (٥) تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِٱلْحَقِّ فَبِأَىِّ حَدِيثٍۭ بَعْدَ
ٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ يُؤْمِنُونَ (٦) وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ (٧) يَسْمَعُ ءَايَٰتِ
ٱللَّهِ تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ
(٨) وَإِذَا عَلِمَ مِنْ ءَايَٰتِنَا شَيْـًٔا ٱتَّخَذَهَا هُزُوًا أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ
مُّهِينٌ (٩) مِّن وَرَآئِهِمْ جَهَنَّمُ وَلَا يُغْنِى عَنْهُم مَّا كَسَبُوا۟ شَيْـًٔا
وَلَا مَا ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (١٠) هَٰذَا
هُدًى وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ (١١)
ٱللَّهُ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَكُمُ ٱلْبَحْرَ لِتَجْرِىَ ٱلْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِۦ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن
فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (١٢) وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى
ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (١٣)

(٥٢) لەناو باخچەگەل‌و کانی ئاواندان.

(٥٣) کە لە هەورێشمی تەنك‌و قایم دەپۆشن، هەمویان ڕووبەڕووی یەکترن‌و هاو سن‌و ساڵن.

(٥٤) هەر ئاوەها کە ئەو جێگا هێمن‌و باخچەو کانیاو و پۆشاکە جوانانەمان پێ داون لە ئافرەتە جوان‌و چاو گەورەکانیشمان پێ داون کە پێش خۆیان نە جنۆکەو نە مرۆڤ توخنیان نەکەوتوون.

(٥٥) لەناویدا داوای هەموو میوەیەك دەکەن‌و دڵنیاشن کە دەستیان دەکەوێت‌و بۆیان دێنن.

(٥٦) تازە لەناویدا مردن تام ناکەن مەگەر تامی مردنی پێشوو کە هێشتا لە بیریان مابێت، وەخوا لە سزای دۆزەخ دەیانپارێزێت.

(٥٧) ئەمە چاکەیەکە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆ پارێزکاران، ئەوەش هەر خۆی سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ پارێزکاران، چونکە ئەوان لە دنیادا چاکەیان کردووە پەروەردگاریش پاداشتی چاکەیان بە چەندین بەرامبەر دەداتەوە، جا ژیر ئەو کەسەیە کەئاوا جوان ڕەفتار بکات تا بەم سەرکەوتنە گەورەیە بگات.

(٥٨) ئەم قورئانەمان هەر بە زمانی تۆ کە عەرەبیە بە ئاسان کراوی ناردە لات، بەڵکو ئەوانیش تێیبگەن‌و بیربکەنەوە، جا لە تاوان‌و خوانەناسی بگەڕێنەوەو دەست بەم قورئانەوە بگرن تا لە هەردوو ژیاندا سەرفەرازبن.

(٥٩) سا تۆ چاوەڕێ بکەو بێگومان ئەوانیش چاوەڕێ دەکەن‌و بەم زوانە دەزانن کێ سەرکەوت‌و خۆشبەختەو کێ دۆڕاوو شەرمەندەو بەدبەختە.

(٤٥) سورەتی جاسیە (٣٧)

وشەی (جاثِیة) تەنها لەم سورەتەدا هاتوە،جا ئەم سورەتە بە سورەتی جاسیە ناسراوە، سورەتی چل‌وپێنجەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، سی‌و سێ ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی شەست‌و چوارەمەو پاش سورەتی (الدُّخَان) و پێش (الأَحْقَاف) دابەزیوە.

بەناوی الله ی زۆربەسۆزوبێنیهایەت میهرەبان

(١) حا میم. اللَّهُ هەر خۆی دەزانێ مەبەست لەم دوو پیتە چیە.

(٢) دابەزینی ئەم پەڕاوە کە قورئانە لەلایەن اللَّهُ ی دەسەڵاتداری داناوەیە.

(٣) بێگومان لە ئاسمانان‌و لەم زەویدا نیشانەی زۆر هەیە بۆ پەندو ئامۆژگاری‌و ناسینی اللَّهُ (بۆ هەمو کەس بەڵام چونکە هەر باوەڕداران سودی لێ وەردەگرن لەبەرئەوە فەرموی) بۆ باوەڕداران.

(٤) خۆ لە دروستکردنی ئێوەشدا بەو شێوازە جوان‌و ڕێك‌وپێکەو ئەوەی کە بڵاوی دەکاتەوە لەوهەمو جانەورە جۆراوجۆرانە، بەڵگە گەلی زۆرن بۆ گەلێك کە دڵنیان لە بیروباوەڕی خۆیاندا.

(٥) خۆ لە گۆڕانی شەوو ڕۆژو لەوەی کە اللَّهُ ڕەوانەی کردوە لە ئاسمانەوە کە بارانەو هۆی ڕۆزی گیانلەبەرانە،

ئەوسا بەو ئاوە ئەم زەویە پاش مردنی زیندو کردوەتەوە بە کانیاو شینایی، وە لە گۆڕانی با هەر جارێك لەلایەکەوەو هەندێك بەسودو هەندێکیش دەکات بەهۆی سزا، لەهەمو ئەمانەدا چەندین بەڵگە هەیە بۆ گەلێك کە تێدەگەن‌و ژیری خۆیان دەخەنە کارو لەو هەمو بەڵگانە سود وەردەگرن.

(٦) ئەوە نیشانەکانی ﷲیە بۆ مەبەستێکی ڕاستەقینە دەیخوێنینەوە بەسەرتا، جا ئەگەر بەو باوەڕناکەن ئەی پاش ﷲ بەقسەو بە نیشانەکانی کێی تر باوەڕ دەکەن؟! لەپاشدا دەفەرموێ:

(٧) وای بۆ هەمو خیانەتکارو گوناهبارێك کە تانە لە پێغەمبەر ﷺ و پەیامەکەی دەدات‌و بە جادوو و بەقسەی پڕوپوچی ناو دەبات.

(٨) هەر کاتێك نیشانەکانی ﷲی بۆ بخوێنرێتەوە دەیبیسێت، پاشان هەر سور دەبێت لەسەر خۆ بەزلگرتن‌و لادان لە ڕاستی وەکو ئەوەی هەر نەیبیستبێت، سا تۆ بەو کەسە موژدە بدە بە سزایەکی بەژان. چونکە ئەو کەسە مرۆڤێکی دڵنخۆش‌و لاسارە.

(٩) خۆ هەر کاتێك لە نیشانەکانی ئێمە شتێك بزانێ لەجیاتی گوێڕایەڵی‌و باوەڕ پێکردنی گاڵتەی پێ دەکات، بۆ ئەوانە سزایەکی سەر شۆڕکەر هەیە کە لە ڕۆژی قیامەتدا لەناو ئاگردا یاری پێ دەکات.

(١٠) لەپێش دەمیاندا دۆزەخ هەیە نە ئەو کارو کۆششەی کە کردویانە هیچ سودێکیان پێ دەدات، وە نە ئەوانەی کە جگە لە ﷲ کردویانن بە دۆست بۆ خۆیان دێن بەهانایانەوەو نەهیچ سودیان پێ دەگەیەنن، ئەوساسزایەکی گەورەشیان بۆ هەیە لەسەر ئەو ڕەفتارو گوفتارە ناپەسەندو نابەجێیەی کە دەیکەن لە دنیادا.

(١١) ئەم قورئانە ڕینمونی کەرە بۆ ڕێگای ڕاست، جا ئەو کەسانەی کە نیشانەکانی پەروەردگاریان ناناسن بەشێکی گەورەیان بۆ هەیە لە سزای بەژان.

قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَغۡفِرُواْ لِلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ لِيَجۡزِيَ
قَوۡمَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿١٤﴾ مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا فَلِنَفۡسِهِۦۖ
وَمَنۡ أَسَآءَ فَعَلَيۡهَاۖ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ تُرۡجَعُونَ ﴿١٥﴾ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا
بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَ وَرَزَقۡنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ
وَفَضَّلۡنَٰهُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ وَءَاتَيۡنَٰهُم بَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِۖ
فَمَا ٱخۡتَلَفُوٓاْ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۚ إِنَّ
رَبَّكَ يَقۡضِي بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ
﴿١٧﴾ ثُمَّ جَعَلۡنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِ فَٱتَّبِعۡهَا وَلَا تَتَّبِعۡ
أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿١٨﴾ إِنَّهُمۡ لَن يُغۡنُواْ عَنكَ مِنَ ٱللَّهِ
شَيۡـٔٗاۚ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۖ وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلۡمُتَّقِينَ
﴿١٩﴾ هَٰذَا بَصَٰٓئِرُ لِلنَّاسِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ
﴿٢٠﴾ أَمۡ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجۡتَرَحُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجۡعَلَهُمۡ كَٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءٗ مَّحۡيَاهُمۡ وَمَمَاتُهُمۡۚ سَآءَ
مَا يَحۡكُمُونَ ﴿٢١﴾ وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ
وَلِتُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾

(١٢) ﷲ ئەو زاتەیە کە دەریای رام کردوە بۆتان تا کەشتی بە فرمانی ئەو هاتوچۆی تێدا بکات، وەتا بەو هاتوچۆیەش فەڕو خێری ئەو زاتەتان دەست بکەوێت بەڵکو ئێوەش شوکرانە بژێربن‌و سپڵەو نمەك نەناس نەبن، جا وانەزانن کە ئەوە بەهۆی ئازایی‌و لێهاتویی خۆتانە، چونکە سەرچاوەی ئەو هەمو شتانە ژیریە کە گەورەترین نیعمەتەو ئەویش ﷲ بە مرۆڤی بەخشیوەو بە هەر کەسێکی نەبەخشی ئەو کەسە شێتەو هیچ نازانێت‌و هیچ نیشێکی بەکەڵك‌و بەسودی لێ چاوەڕێ ناکرێت، کەواتە سوپاسی خوا بکەن بەو عەقڵەی کەپێی بەخشیون کە بتوانن بەجوانی سود لەنیعمەتە فرەوانەکانی وەربگرن.

(١٣) ئەوسا ئەوەی کە لەناو ئاسمانان‌و زەویدایە هەموی موڵکی ئەوەو سەرجەم رامی کردوە بۆتان، بێگومان لەوەدا چەندین بەڵگە هەیە بۆ گەلێك کە بیر بکاتەوە لەم بونەوەرە گەرەیە کە بە هەزاران یاسای رێك‌و پێکی تێدایە هەر یەکێك لەوانە بەسە بۆ مرۆڤی ژیر کە خوای خۆی پێبدۆزێتەوە.

أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ
وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا
تَذَكَّرُونَ (٢٣) وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ
إِلَّا ٱلدَّهْرُ ۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ (٢٤) وَإِذَا تُتْلَىٰ
عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ مَّا كَانَ حُجَّتَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱئْتُوا۟ بِـَٔابَآئِنَآ إِن
كُنتُمْ صَٰدِقِينَ (٢٥) قُلِ ٱللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ
ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (٢٦) وَلِلَّهِ مُلْكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ ٱلْمُبْطِلُونَ
(٢٧) وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً ۚ كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَىٰٓ إِلَىٰ كِتَٰبِهَا ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ
تَعْمَلُونَ (٢٨) هَٰذَا كِتَٰبُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ
مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (٢٩) فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِى رَحْمَتِهِۦ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ (٣٠) وَأَمَّا
ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَفَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱسْتَكْبَرْتُمْ وَكُنتُمْ قَوْمًا
مُّجْرِمِينَ (٣١) وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَٱلسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا قُلْتُم
مَّا نَدْرِى مَا ٱلسَّاعَةُ إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ (٣٢)

(١٤) ئەی محمد ﷺ تۆ بەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە بڵێ: با چاوپۆشی بکەن لەو کەسانەی کە باوەڕیان بەکارەسات‌و ڕووداوە کتوپڕو دڵ تەزێنەکانی ﷻ نیەو ناترسن لەو زاتە، بۆ ئەوەی هەر گەلێك پاداشت بداتەوە بە گوێرەی کارو کۆششێك کە خۆیان دەیکەن.

(١٥) هەر کەسێك ئیشی چاك بکات سودەکەی بۆ خۆیەتی‌و هەر کەسێکیش ئیشی خراپ بکات زیانەکەی لەسەر خۆیەتی لەپاشان بۆلای پەروەردگارتان دەبرێنەوە بۆ پاداشت‌و سزا، چاك بەچاك‌و خراپ بە خراپ.

(١٦) جا بە راستی ئێمە پەڕاو و کارزانی‌و پێغەمبەراتیمان دا بە نەوەی یەعقوب عليه السلام کە موساو هارون سەرقافڵەیان بوون، وە لە شتە پاکەکان وەکو گەزۆو شیلاقەمان کرد بە ڕۆزیان‌و بەسەر خەڵکی زەمانی خۆیاندا بەرزمان کردنەوە.

(١٧) خۆ ئێمە لە فرمانی ئەم ئایینە بەڵگەی ڕۆشنمان پێ دان، حەرام‌و حەڵاڵمان بۆباسکردبون و موژدەی هاتنی ئەم پێغەمبەرەی ئاخر زەمانمان ﷺ پێدابون،جا ناڕێك نەبوون لەوەی کە ئەگەر پێغەمبەرێك بەم ناوو نیشانانە هات باوەڕی پێ بکەن، بەڵام پاش ئەوەی کە ئەو زانیاریە ڕاستە کە هاتنی پێغەمبەر بوو ﷺ هاتەلایان هەر لەبەر ئیرەیی لەنێوانیان خۆیاندا ناڕێك بوون، هەندێکیان باوەڕیان هێناو هەندێکیشیان دژایەتیان کرد، بێگومان پەروەردگارت لە ڕۆژی قیامەتدا لەنێوانیاندا لەبارەی ئەو شتەوە کە تێیدا ناڕێك بوون بڕیار دەدات پاداشتی باوەڕدارانیان بە چاکە دەداتەوەو خراپەکارانیشیان بە ئاگری گەورەو ئاوی داخ‌و زۆخ‌و کێمی دۆزەخیان سزا دەدات، ئینجا پەروەردگار ڕوو بە پێغەمبەرمان ﷺ دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٨) پاش ئەوەی کە هەڵس‌و کەوتی نەوەی یەعقوبت زانی، بزانە کە ئێمە تۆمان لەم فرمانەی خۆماندا لەسەر یاسایەك داناوە کە ڕێك ڕاست‌و تەواوە، جا تۆش پەیڕەوی بکەو نەکەی دوای ئارەزۆی ئەو کەسانە بکەویت کە چاك‌و خراپ لێك جیا ناکەنەوەو بە نەزانانە هەنگاو هەڵدەگرن.

(١٩) دڵنیابە کە ئەوانە لەباتی ﷻدا هیچ سودێکت پێ ناگەیەنن‌و بێ گومان کە ستەمکاران هەندێکیان لایەنگرو یارمەتی دەری هەندێکیانن‌و ﷻیش یارمەتیدەرو دۆستی پارێزکارانە.

(٢٠) ئەم قورئانە چاو ڕوونەکەرەوەیە بۆ خەڵك‌و ڕێنمای کەرو بەزەییە بۆ گەلێك کە باوەڕی تەواوو خاڵی لە گومانیان هەبێت بە ﷻ‌و بەڕۆژی دوایی‌و بە پێغەمبەر ﷺ و بە بەرنامەکەی.

(٢١) ئایا وا دەزانن کە ئەو کەسانەی کە خراپەیان کردوە وەکو ئەو کەسانەیان هەژمار دەکەین کە باوەڕیان هێناوەو ئیشی چاکیان کردوە؟! ژیانیان‌و مردنیان وەکو یەکە؟! چ خراپ بڕیارێك دەدەن، کەی ڕەوایە بۆ زاتێکی وا ئاوا بڕیارێکی بۆ بدرێت ئەمە گەمە کردنە یان باوەڕ نەبوونە بە دادگەری ﷻ پاك‌و بێ عەیبی هەر بۆ ئەوە.

(٢٢) سا ﷻ ئەم ئاسمانان‌و زەویەی بەڕاستی دروستکردوە تا هەمو کەسێك بەشێوەی کۆششێك کەخۆی کردویەتی پاداشت بداتەوە، خۆئەوان هیچ ستەمێکیشیان لێ ناکرێت، چاك دەبێت بە چاکی پاداشتی بدرێتەوەو خراپیش بە خراپ تۆڵەی لێ بسەنرێت.

(٢٣) ئایا تۆ نەتبینی ئەو کەسەی کە ئارەزۆی خۆی کردوە بە خودای خۆی، واتە: بەگوێرەی ئارەزۆی خۆی رەفتاری کردوە کە ئەمە پەرستنە، جا پێویستە باوەڕداران چاك لەم جۆرە ئایەتانە بیر بکەنەوەو وانەزانن پەرستن هەر ئەوەیە کە نوێژی بۆ بکەیت یان سوجدەی بۆ ببەیت، نەخێر پەیڕەوی کردنی هەر شتێك لە ڕوانگەی ئیسلامەوە عیبادەتە، جا ئەگەر بۆ خواو پێغەمبەرو قورئان بوو ئەوە جێگای خۆیەتیو بەهرەمەندو سەرفەرازە، بەڵام ئەگەر بۆ جگە لەوان بوو سەرشۆڕو شەرمەندەو ڕەنجەڕۆیە، بەڵێ ﷲ ئاگای لەم جۆرە کەسانە هەیە بۆیە دەفەرموێ: ﷲ بەگوێرەی زانیاریەك کە هەیەتی لەبارەی ئەو کەسەوە، سەری لێ تێکداوەو گوێچکەو دڵی مۆرکردوەو لێڵاوی هێناوە بەسەر چاویداو ئیتر نە هیچ حەقێك دەبیسێتو نە هیچ ڕاستیەك دەچێتە دڵیەوەو نە هیچ بەڵگەیەکی چاو ڕۆشنکەرەوە دەبینێت.دەی ئیتر پاش ﷲ کێ هەیە کە ئەو کەسە ڕێنمایی بکات؟ ئایا بیر ناکەنەوە؟!

(٢٤) جا ئەوانە دەڵێن: ئەم ژیانە هەر ئەم ژینەیە کە لەدنیادا هەیەو دەمرینو دەژینو هەر گەردوون لەناومان دەبات، مرێنەرو زیندووکەرەوەیەکی ترمان نیەو ئەوان لەم بارەشەوە هیچ زانیاریەکیان نیە، بەڵکو ئەوان هەر بە خەملاندن قسەو بڕیار دەدەنو هیچی تریان بەدەستەوە نیە.

(٢٥) ئەوسا هەر کاتێك نیشانە ئاشکراکانی ئێمەیان بۆ بخوێنرێتەوە هیچ بەڵگەیەکیان نیە بۆ بەرپەرچدانەوەی جگە لەوەی کە دەڵێن: ئەگەر ڕاست دەکەنو زیندوبوونەوە هەیە با باو باپیرانمان بۆ بهێننەوە.

(٢٦) بلێ: ﷲیە زیندوتان دەکاتەوەو پاشان دەتان مرێنێتو پاشان لە ڕۆژی قیامەت کە هیچ گومان لە هاتنو بوونیدا نیە کۆتان دەکاتەوە بۆ حیسابو پاداشتو سزا هەر کەس بەگوێرەی ئیشی خۆی، بەڵام زۆربەی خەڵك ئەم ڕاستیە نازانن، بۆیە دان بە زیندوکردنەوەو حیساب دا نانێن بەڵام ئەم نەزانینەی ئەوان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێتو باری ئەوان سوك ناکات، ماوە دەدرێن بەڵام لە بیر نابرێنەوە.

(٢٧) وە ئاسمانانو زەوی موڵکی ﷲیەو هەر کاتێك کە قیامەت هات ئیتر ئەو ڕۆژە بێهودەکاران ڕەنجەڕۆ دەبن. چونکە ئەوڕۆژەجگە لە شیوەنو زاریو نوکەو ناڵینو سزای ئاگرو ئاوی داخ شتێکی تریان بۆ نامێنێ.

(٢٨) ئەوسا تۆ دەبینیت لەو ڕۆژەدا هەمو گەلێك بەئەژنۆدا کەوتوەو هەمویان گەلێك بانگ دەکرێن بۆ لای پەروەندەی خۆی، جا(پێیان دەوترێ) ئەمڕۆ پاداشتی کردوەکانتان دەدرێتەوە. ئینجا خوا دەفەرموێ:

(٢٩) ئەمە پەڕاوی ئێمەیە کە کردارو گوفتاری ئێوەی تێدا تۆمار کراوە کە بەڕاستی قسە لەگەڵ ئێوەدا دەکات نە زیادو نە کەمی لەسەرتان نەوتوە، بێگومان کە ئێمە وێنەمان گرتوە لە ئەو کردارانەی کە کردوتانە.

(٣٠) جا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردوە، ئەوسا پەروەردگاریان دەیانخاتە ناو نازو نیعمەتو سۆزی خۆیەوە، ئەوە هەر خۆی بەختەوەرییەکی ئاشکرایە بۆ ئەو باوەڕدارانە.

(٣١) بەڵام ئەو کەسانەی کە باوەڕیان نەهێناوە، ئینجا ڕویان تێ دەکاتو دەفەرموێ: ئایا نیشانەکانی ئێمە بۆ ئێوە نەهاتو نەخوێندرایەوە بەسەرتاندا؟ جا ئێوە خۆتان بەزلگرتو گوێتان بەو نیشانانە نەدا، جا ئێوە گەلێکی تاوانبارن بە هۆی کرداری ناپەسەندتانەوە. جا ئێوە سەرەڕای بێ باوەڕیو ڕق بوونەوەی ناو دەرونتان لەم پێغەمبەرە ﷺ و پەیامە بە نرخەکەی کە هاتووەتە لاتان.

(٣٢) خۆ هەر کاتێك پێتان بوترێت کە بێگومان بەڵێنی ﷲ ڕاستەو هیچ گومانێك لە هاتنی قیامەتدا نیە، ئێوە دەڵێن: ئێمە نازانین قیامەت چیە؟ جگە لە گومان بە هاتنی ئەو ڕۆژە باوەڕمان بە هیچی تر نیەو ئێمە بەم قسانە دڵمان ئاو ناخواتەوەو باوەڕت پێ ناکەین. جا قورئان دەمان باتەوە بۆ قیامەتو دەفەرموێ:

وَبَدَا لَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُوا۟ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٣٣﴾
وَقِيلَ ٱلْيَوْمَ نَنسَىٰكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَـٰذَا وَمَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا
لَكُم مِّن نَّـٰصِرِينَ ﴿٣٤﴾ ذَٰلِكُم بِأَنَّكُمُ ٱتَّخَذْتُمْ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ هُزُوًا وَغَرَّتْكُمُ
ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۚ فَٱلْيَوْمَ لَا يُخْرَجُونَ مِنْهَا وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٣٥﴾
فَلِلَّهِ ٱلْحَمْدُ رَبِّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٣٦﴾ وَلَهُ
ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٣٧﴾

٤٦ سُورَةُ الأَحْقَافِ ٣٥

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلْكِتَـٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿٢﴾ مَا خَلَقْنَا
ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ وَٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ عَمَّآ أُنذِرُوا۟ مُعْرِضُونَ ﴿٣﴾ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن
دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ ۖ
ٱئْتُونِى بِكِتَـٰبٍ مِّن قَبْلِ هَـٰذَآ أَوْ أَثَـٰرَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ
صَـٰدِقِينَ ﴿٤﴾ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن
لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَـٰفِلُونَ ﴿٥﴾

﴿٣٣﴾ جاكاتێك هات ئاشكرا دەبيت بۆيان ئەو كارە خراپانەی کەکردویانە، جا ئەو ژیانەی کە ئەوان بە گاڵتەیان دەزانیو باوەڕیان بە هاتنی نەبو، وا هاتو یەخەی گرتن. جا ئەو کاتە ناتوانن نە خۆیان حەشار بدەنو نە کردارەکانیشیان بشارنەوە.

﴿٣٤﴾وە دەوترێت: جا ئەمرۆ پشت گوێتان دەخەین لەناو ئەو سزایەداو بۆخۆتان دەمێننەوە و کەس لێتان ناپرسێتەوە هەروەك چۆن ئێوە وازتان لە کرداری چاك هێنا وخۆتان ئامادە نەکرد بۆ گەیشتنتان بەم ڕۆژەتانو جێگاشتان ئاگرەو هیچ یارمەتیدەرێکتان نیە.

لە فەرمودەدا هاتوە کە پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەتدا بە هەندێ لە بەندەکانی دەفەرموێ:{ أَلَمْ أَجْعَلْ لَكَ سَمْعًا وَبَصَرًا وَمَالًا وَوَلَدًا وَسَخَّرْتُ لَكَ الْأَنْعَامَ وَالْحَرْثَ وَتَرَكْتُكَ تَرْأَسُ وَتَرْبَعُ فَكُنْتَ تَظُنُّ أَنَّكَ مُلَاقِي يَوْمَكَ هَذَا قَالَ فَيَقُولُ لَا فَيَقُولُ لَهُ الْيَوْمَ أَنْسَاكَ كَمَا نَسِيتَنِي /الترمذي.وصححه الالباني/ ئایا گوێو چاوو سامان منداڵم پێ نەدایت؟ ئایا جارەوێو وشترو مەڕو ماڵاتم بۆ رام نەکردیت؟ وە وازم لێ نەهێنایت تا بویت بە سەردار و پلەو پایە بەرز کە چوار یەکی غەنیمەت بۆخۆت وەربگریت؟ ئەوسا تۆ وات دەزانی کە دەگەییت بەم ڕۆژەت؟ فەرموی: یەژێ : نەخێر، جا اللهی باڵادەست پێی دەفەرموێ: ئەوسا ئەمڕۆ ئێمەش تۆ لەبیر خۆمان دەبەینەوەو پشتگوێت دەخەین لەناو سزادا هەروەکو چۆن تۆ فرمانەکانی ئێمەت لەبیر خۆت بردەوەو پشتگوێت خستن}

﴿٣٥﴾ئەم سزاو لەبیر بردنەوەتان بەهۆی ئەوەبووە کە بێگومان ئێوە گاڵتەتان بە نیشانەکانی الله دەکردو ژیانی دنیا هەڵیخەڵەتاندبوون، ئەوسا ئەمڕۆ لەو سزایە دەرناهێنرێنو پەشیمان بوونەوەو داوای لێبوردنتان لێ وەرناگیرێت بەڵکو سزاتان بێ ژمارەیە، جا کاتێك پەروەردگار بڕیاری خۆی باس کرد سەبارەت بە باوەڕداران و بێ باوەڕان دەفەرموێت:

﴿٣٦﴾جا تەواوی سوپاس هەر شایستەی اللهیە، کە پەروەردگاری ئاسمانانو پەروەردگاری زەوییە، کە پەروەردگاری جیهانیانە.

﴿٣٧﴾ئەوسا لە ئاسمانانو زەویشدا گەورەیەتی هەر بۆ ئەوەو هەر خۆیەتی دەسەڵاتدارو کارزان. کەواتە، کەس شایانی خۆ بەزلکردنو گەورەیەتی نیەو هەر کەس بە ناڕەوا خۆی بەزل بزانێت شەڕ لەگەل اللهدا دەکاتو دڵنیابێت کە بە زوویی سەرشۆڕو شەرمەندە دەبیت هەر لە دنیاداو سزای دوارۆژیش هەر الله خۆی دەزانێت چی لەگەڵ دەکات،

لە فەرمودەدا هاتوە کە الله فەرمویەتی:{العَظَمَةُ إزَارِي وَالكِبرِيَاءُ رِدَائِي، فَمَن نَازَعَنِي وَاحِداً مِنهُما أَسكَنْتُهُ نَارِي/مسلم/ واتە: گەورەیی کراسمەو شکۆمەندیش عەبامە، ئەوسا هەرکەسێك کێشەی یەکێك لەم دووانەم لەگەڵدا بکاتو بیەوێت خۆ بەزل بگرێت یان بە با شکۆیی تەماشای خۆی بکات دەیخەمە ناو ئاگرمەوە}.

(٤٦) سورەتی ئەحقاف (٣٥)

وشەی (الاحقاف) تەنها لەم سورەتەدا هاتوە، جا ئەم سورەتە کە سیو پێنج ئایەتە بە سورەتی ئەحقاف ناسراوە، سورەتی چلوشەش هەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، وتراوە جگە لە ئایەتی ﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كَانَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ... ﴾ ئەحقاف:١٠ و ئایەتی ﴿ فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ ﴾ ئەحقاف: ٣٥ . وە جگە لە ﴿ وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ إِحۡسَٰنًا... ﴾ ئەحقاف، ١٥ کە سێ ئایەتە. وەهەروەها وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی شەستو پێنجەمەو پاش سورەتی (الجاثية) و پێش (الذاريات) دابەزیوە.

بەناوی اللهی زۆر بەسۆز و بێنیهایەت میهرەبان

(١) حا میم.الله هەر خۆی دەزانێ مەبەست لەم دوو پیتە چیە

(٢) دابەزینی ئەم قورئانە لەلایەن (الله)ی دەسەڵاتداری دانایەوەیە.

(٣) ئەم ئاسمانانو زەویەو ئەوەی کەلە نێوانیاندایە هەر بۆ مەبەستێکی ڕاست کە بەڵگەن لەسەر هێزو زانایىو تەنهایی ئێمەو بۆ کاتێکی ناوبراو کە کاتی کاول بوونی ئەم جیهانەیەو کاتی هاتنی قیامەتە دروستمان کردون، جا ئەو کەسانەی کە خوا نەناسن لە هەر چی بترسێنرێن پشتی تێ دەکەنو نایانەوێت کە ڕاستی بزانن و پەیرەوی بکەن .

(٤) ئەی محمد ﷺ بڵێ پیشانم بدەن ئەوەی کە جگە لە (الله) دەیپەرستن، پیشانم بدەن لەم زەویەدا چییان دروستکردوە؟ یان بڵێ: ئایا بۆئەوان لە ئاسماناندا هاوبەشێك هەیە؟ ئادەی پێش ئەم پەڕاوە با پەڕاوێکم بۆ بهێنن؟ یان پاشماوەیەك لە زانیاری کە لە کۆنەوە دەستیان کەوت بێتو نوسرابێ لەسەر ڕاستیو دروستی خۆیان ئەگەر ڕاست دەکەن، ئاشکرایە کە هیچ کام لەوانەیان نیە کەواتە درۆزننو لە ڕاستی خۆ دەبوێرن، ئەم کارەشیان لە نرخی ڕاستی کەم ناکاتەوە تەنها خۆیان ڕەنجەڕۆو ڕیسوا دەبن.

(٥) جا کێ هەیە گومڕاتر لەو کەسەی کە بێجگە لە (الله) شتێ بپەرستێت کە هەتا قیامەت وەڵامێکی نەداتەوە، بەڵکو ئەو پەرستراوانە لە پەرستنی ئەم بەندە نەفامانەی خۆیان بێ ئاگابن؟!

(٤) جا هەر کاتێك هەمو خەڵك کۆ بکرێتەوە ئەو پەرستراوانە دوژمنی ئەوانەن کە پەرستویانو پەیڕەوییان لێ کردون، خۆ باوەڕیشیان نیە بەو بەندایەتیەی کە بۆیان کردون. چونکە سزای ئەوانیشیان زیاد کردوەو لەو جێگایەدا ناشتوانن لە خۆیشیان پارێزگاری بکەن چ جای پارێزگاری لە پەیڕەوانیان، ﴿ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلۡمَطۡلُوبُ ﴾ حەج، ٧٣ / عابیدو مەعبود هەردوولا لاوازن﴾.

(٧) وە هەر کاتێك نیشانە ئاشکراکانی ئێمەیان بۆ بخوێنرێتەوە، جا ئەو کەسانەی کە خوا نەناسن کاتێك کە ئەو ڕاستیە هاتە لایانو نەیان توانی بە بەڵگە بچنەوە بگژیا دەڵێن: ئەمە جادویەکی ئاشکراوڕوونە.

(٨) یان دەڵێن: ئەمە درۆیەکەو بۆ خۆی هەڵی بەستووە، بڵێ: ئەگەر ئەمە ئەگەر ـ وەك وای دادەنێن ـ هەڵبەستراوی خۆم بێت ئەوسا خۆ ئێوە خاوەنی هیچ شتێك نین بۆ من لەلای (الله) و هیچتان پێ ناکرێت، ئەو زاناترە لە هەمو کەس بەو پڕو پاگەندەیەی کە ڕۆچوون تێیدا سەبارەت بە قورئان، بەسە کە ئەو زاتە خۆی شایەت بێت لەنێوان منو ئێوەدا، خۆ ئەو زاتە چاوپۆشیکەرە بۆ ئەو کەسەی کە پەشیمان دەبیتەوەو ڕوو دەکاتەوە لایو بەسۆزەو پەلە ناکات لە تۆڵە لێ سەندنەوەتان بەڵکو پەشیمان ببنەوەو بگەڕێنەوە بۆلای.

وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَـٰفِرِينَ ﴿٦﴾ وَإِذَا
تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتُنَا بَيِّنَـٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ هَـٰذَا
سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَلَا تَمْلِكُونَ
لِى مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا هُوَ أَعْلَمُ بِمَا تُفِيضُونَ فِيهِ كَفَىٰ بِهِۦ شَهِيدًۢا بَيْنِى
وَبَيْنَكُمْ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٨﴾ قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ ٱلرُّسُلِ
وَمَآ أَدْرِى مَا يُفْعَلُ بِى وَلَا بِكُمْ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ وَمَآ أَنَا۠
إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٩﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِۦ
وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسْتَكْبَرْتُمْ
إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَوْ كَانَ خَيْرًا مَّا سَبَقُونَآ إِلَيْهِ وَإِذْ لَمْ يَهْتَدُوا۟ بِهِۦ
فَسَيَقُولُونَ هَـٰذَآ إِفْكٌ قَدِيمٌ ﴿١١﴾ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَـٰبُ مُوسَىٰٓ
إِمَامًا وَرَحْمَةً وَهَـٰذَا كِتَـٰبٌ مُّصَدِّقٌ لِّسَانًا عَرَبِيًّا لِّيُنذِرَ
ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَبُشْرَىٰ لِلْمُحْسِنِينَ ﴿١٢﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا
ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُوا۟ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٣﴾
أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلْجَنَّةِ خَـٰلِدِينَ فِيهَا جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾

(٩) بلّێ لەناو ئەو پێغەمبەرانەدا من کەسێکی بێ وێنەو تازە نیم تا ئێوە بکەونە گومانەوەو باوەڕم پێ نەکەن خۆ من نازانم لەدوای ئەمە چ بەسەر من یان ئێوەدا دێت؟ نازانم من لەم شارەم دەردەکرێم یان دەکوژرێم وەکو لەگەل پێغەمبەرانی پێشووی مندا کراوە، یان بەرد باران دەکرێم یان ئێوە بەناخی زەویدا دەبرێنە خوارەوە وەکو بێ باوەڕانی پێش خۆتان، عەوفی کوڕی مالیك دەڵێت: ڕۆژێك لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ لە مەدینە چووینە کەنیسەیەکی جولەکەوە کە کاتی جەژنێك بوو لە جەژنەکانیان، جا ئەوان پێیان ناخۆش بوو کە ئێمە چوینە ناویان، ئینجا پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمون: {ئەی پێڕی جولەکە دوانزە پیاو لە خۆتانم بۆ بهێنن کە شایەتی بدات جگە لە (ﷲ) هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیەو بێگومان محمد پێغەمبەری خوایە ﷺ و (ﷲ) لە تەواوی ئەو جولەکانەی کە لەژێر ئاسماندایە ئەو توڕەیەی کە داویەتی بەسەریاندا لای دەبات. دەڵێت : بێ دەنگ بونو هیچ کەسێك لەوان وەڵامیان نەدایەوە، پاشان جارێکی تر دووبارەی کردەوە بۆیان ئینجا هیچ وەڵامیان نەدایەوە بۆ سێیەم جار فەرمویەوەو وەڵامیان نەدایەوە، ئینجا فەرموی: {أَبَيتُم فَوَاللهِ إِنِّي لأنا الحَاشِرُ وَ أَنَا العَاقِب وَأَنَا النَّبِيُّ المُصطَفَى امَنتُم أو كَذَّبتم/احمد، صححه الألباني/ ئێوە ئەوەتان نەکرد، ئەوسا بە خوا بێگومان کە من کۆکەرەوەمو من کۆتایی پێغەمبەرانمو من پێغەمبەرمو هەڵبژێرراوم، جا باوەڕم پێ بکەن یان باوەڕم پێ نەکەن} پاشان کە گەڕایەوەو من لە خزمەتیا بووم تا خەریك بوو دەرچین لەناو کۆڕەکەیان لە دواوە پیاوێك بانگی کرد: ئەی محمد بوەستە، جا ڕوی کردە لایان وتی: بە پیاوێکی چۆنم دەزانن ئەی پێڕی جولەکە وتیان: بە خوا کەسێك شك نابەین کە لە تۆ زاناتر بێت بە پەڕاوەکەی خوا (تەورات)و لە تۆ شارەزاترو لە باوکت لە پێش تۆداو لە باوانت لە پێش باوکتدا، جا وتی: من شایەتی دەدەم کە ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە لە تەوراتدا دیوتانە، وتیان: درۆ دەکەیت جا نەك ئەوقسەیان لێ وەر نەگرت بەڵکوقسەی خراپیشیان پێ وت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی:{بەدرۆتان خستەوە، بەڵام هەرگیز ئەو قسەتان لێ وەرناگیرێت، ئەی ئەوە نەبو ئێستا سوپاستان کردوو بە چاکی باستان کرد بەڵام کاتێك باوەڕی هێنا بەدرۆتان خستەوەو وتتان پێی ئەوەی کە وتتان، ئەوسا قسەتان هەرگیز لێ وەناگیرێت} دەڵێ جا لەوێ دەرچوین کە سێ کەس بووین، پێغەمبەری خوا ﷺ و منو عەبدوڵای کوڕی سەلام، جا(ﷲ)ی دەسەڵاتدارو بەشکۆ ئەم ئایەتەی دابەزاند لەبارەی ئەو داو دەفەرموێ:

(١٠) ئەی محمد ﷺ بڵێ: پێم بڵێن ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن (ﷲ)وە بێتو ئێوە باوەڕتان پێ نەکردو یەکێك لە نەوەی یەعقوب کە عەبدوڵای کوڕی سەلام بوو شایەتیدا لەسەر ڕاستیو دروستی ئەم قورئانە بە گوێرەی ئەو دیاری کردنەی تەورات جا ئەو خۆی باوەڕی هێنابێت، ئێوە هەر خۆتان بە زل گرت جگە لە خۆخەڵەتاندن چ شتێکی ترتان دەست دەکەوێت، بەڕاستی ئێوە بەم هەڵسو کەوتەتان ستەمکارن، بێگومان کە(ﷲ)یش ڕێنمایی گەلی ستەمکار ناکات،

(١١) جا ئەو کەسانەی کە خوا نەناسن بوون بەو مرۆڤە هەژارو کەم دەستو بێ دەسەڵاتانەی کە باوەڕیان هێنابو،

وەکو بیلال‌و ئالی یاسرو چەند کەسێکی تر لەو شێوانەیان دەوت: ئەگەر ئەم ئایینە شتێکی چاك بووایە ئەوانە پێشی ئێمە نەدەکەوتن بۆ باوەڕهێنان، جا کاتێك کە ڕێگای ڕاستیان پەیدا نەکردو بە هەڵەدا ڕۆیشتن، ئەوسا زۆر بە زووی دەڵێن: ئەم قورئانە هەڵبەستراوو درۆیەکی کۆنە؟!

(١٢) خۆ لە پێش ئەم قورئانەدا پەڕاوی موسایە کە پێشەواو خێربوو بۆ خەڵکی سەردەمی خۆی، ئەم قورئانە پەڕاوێکە ڕاستەو دان دەنێت بە هەمو پەڕاوەکانی پێش خۆیداو هەموویان بەڕاست دەزانێت‌و بە زمانی عەرەبیە تا ئەو کەسانەی کە ستەم دەکەن بترسێنێت لەسەر ئەنجامی ئەو ڕەفتارە پیسەیان‌و موژدەیش بدات بە چاکەکاران بەسەر بەرزی هەردوو ژیان.

(١٣) بێگومان ئەو کەسانەی کە وتویانە (الله) پەروەردگارمانەو پاشان لەسەر ئەو بیرو باوەڕو قسەیەی خۆیان ماون، ئەوسا هیچ ترسێك بۆ ئەوان نیەو لە ئاییندەشدا خەم ناخۆن.

(١٤) ئەوانە بەهەشتین‌و هەمیشە تێیدا دەمێننەوە، ئەمە پاداشتێکە بەوان دەدرێت بەهۆی ئەو کارو کۆششە بەنرخانەی کە لە دنیادا کردویانە. جا ئامۆژگاری مرۆڤ دەکات کە سپڵە نەبێت‌و لەگەڵ باوك‌و دایکیدا بە چاکی ڕەفتار بکات‌و دەفەرموێ:

(١٥) جا فەرمانمان دا بەسەر مرۆڤدا کە لەگەڵ دایك‌و باوکیدا چاکە بکات بەتایبەت دایك، چونکە دایکی لە سکیدا بە زەحمەت هەڵیگرتوە، وە بە زەحمەت بوویەتی، جا بە زەحمەت‌و ئێش‌و ژانی‌و هەڵگرتنی‌و بونی‌و لە مەمك برینەوەشی سی مانگی خایاندوە - کە ئەمانە هەموی بە زەحمەت‌و بەئێش‌و ژان‌و شەونخونی بۆ دایك تەواوبوە - تا بوو بە مرۆڤێکی بەهێزو گەیشتە چل ساڵ، وتی: ئەی پەروەردگارم وام لێ بکە کە سوپاسی ئەو چاکەیەت بکەم کە داوتە بە خۆم‌و بە باوك‌و دایکم‌و ئیشی وابکەم کە تۆ ڕازی بکات و منداڵم بۆ چاك بکە، بێگومان من بۆ لای تۆ گەڕامەوەو بێگومان لە موسڵمانانم، واتە مسوڵمانی ڕاستەقینە دەبێت ئاوا چاك بێت لەگەڵ باوك‌و دایکیداو دوعای خێر بۆ ئەوان‌و ئەوەی خۆیشی

وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ إِحۡسَٰنًاۖ حَمَلَتۡهُ أُمُّهُۥ كُرۡهٗا وَوَضَعَتۡهُ
كُرۡهٗاۖ وَحَمۡلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهۡرًاۚ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ
أَرۡبَعِينَ سَنَةٗ قَالَ رَبِّ أَوۡزِعۡنِيٓ أَنۡ أَشۡكُرَ نِعۡمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتَ
عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنۡ أَعۡمَلَ صَٰلِحٗا تَرۡضَىٰهُ وَأَصۡلِحۡ لِي فِي
ذُرِّيَّتِيٓۖ إِنِّي تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَإِنِّي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿١٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
نَتَقَبَّلُ عَنۡهُمۡ أَحۡسَنَ مَا عَمِلُواْ وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمۡ فِيٓ أَصۡحَٰبِ
ٱلۡجَنَّةِۖ وَعۡدَ ٱلصِّدۡقِ ٱلَّذِي كَانُواْ يُوعَدُونَ ﴿١٦﴾ وَٱلَّذِي قَالَ
لِوَٰلِدَيۡهِ أُفّٖ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِيٓ أَنۡ أُخۡرَجَ وَقَدۡ خَلَتِ ٱلۡقُرُونُ مِن
قَبۡلِي وَهُمَا يَسۡتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيۡلَكَ ءَامِنۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ فَيَقُولُ
مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿١٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيۡهِمُ
ٱلۡقَوۡلُ فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ إِنَّهُمۡ كَانُواْ
خَٰسِرِينَ ﴿١٨﴾ وَلِكُلّٖ دَرَجَٰتٞ مِّمَّا عَمِلُواْۖ وَلِيُوَفِّيَهُمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ وَهُمۡ
لَا يُظۡلَمُونَ ﴿١٩﴾ وَيَوۡمَ يُعۡرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى ٱلنَّارِ أَذۡهَبۡتُمۡ طَيِّبَٰتِكُمۡ
فِي حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنۡيَا وَٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِهَا فَٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَوۡنَ عَذَابَ ٱلۡهُونِ
بِمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَبِمَا كُنتُمۡ تَفۡسُقُونَ ﴿٢٠﴾

بکات‌و هەمیشە ڕو لە خوا بێت‌و بە شانازیەوە خۆی بە یەکێك لە موسڵمانان دابنێت، جا پەروەردگار بەمانە دەفەرموێ:

(١٦) ئەوانە کەسانێکن کە هەرچی ئیشی باشیان کردوە لێیان وەردەگرین‌و چاوپۆشی دەکەین لەو خراپانەی کە کردویانەو لە ڕۆژی قیامەتیشدا لەناو بەهەشتدا دەبن کە ئەمە بەڵێنە، بەڵێنێکی ڕاستی وا کە بەڵێنیان پێ دراوەو بۆیان دێتەجێ، جا پەروەردگار کاتێك کە باسی منداڵی چاك‌و چاکەکار لەگەڵ باوك‌و دایکیدا و پاداشتەکەی کرد، ئینجاباسی منداڵی ناپەسندو نالەبار لەگەڵ باوك‌و دایکیدا دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٧) جا ئەو کەسەی کە بە باوك‌و دایکی وت: وای بۆ ئێوە، ئایا بەڵێنی ئەوەم پێ دەدەن کە من پاش مردن جارێکی تر زیندو دەکرێمەوە بۆ لێپرسینەوە، لە حاڵێکدا چەندین گەل لە پێش مندا هاتوون‌و مردون‌و هیچیان نەهاتونەتەوە؟! باسی چیم بۆ دەکەن؟! وە دایك‌و باوکیش هەر دەپاڕانەوە لە (الله) کە ڕێنمایی بکات. وەدەیان وت: وای بۆ تۆ لەناو دەچیت لەم قسەیەت پەشیمان بەرەوەو

۞ وَٱذۡكُرۡ أَخَا عَادٍ إِذۡ أَنذَرَ قَوۡمَهُۥ بِٱلۡأَحۡقَافِ وَقَدۡ خَلَتِ ٱلنُّذُرُ
مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦٓ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ
عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ (٢١) قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا لِتَأۡفِكَنَا عَنۡ ءَالِهَتِنَا فَأۡتِنَا
بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ (٢٢) قَالَ إِنَّمَا ٱلۡعِلۡمُ عِندَ ٱللَّهِ
وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡمٗا تَجۡهَلُونَ (٢٣)
فَلَمَّا رَأَوۡهُ عَارِضٗا مُّسۡتَقۡبِلَ أَوۡدِيَتِهِمۡ قَالُواْ هَٰذَا عَارِضٞ مُّمۡطِرُنَاۚ
بَلۡ هُوَ مَا ٱسۡتَعۡجَلۡتُم بِهِۦۖ رِيحٞ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٞ (٢٤) تُدَمِّرُ كُلَّ
شَيۡءِۭ بِأَمۡرِ رَبِّهَا فَأَصۡبَحُواْ لَا يُرَىٰٓ إِلَّا مَسَٰكِنُهُمۡۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي
ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡمُجۡرِمِينَ (٢٥) وَلَقَدۡ مَكَّنَّٰهُمۡ فِيمَآ إِن مَّكَّنَّٰكُمۡ فِيهِ
وَجَعَلۡنَا لَهُمۡ سَمۡعٗا وَأَبۡصَٰرٗا وَأَفۡـِٔدَةٗ فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُمۡ سَمۡعُهُمۡ
وَلَآ أَبۡصَٰرُهُمۡ وَلَآ أَفۡـِٔدَتُهُم مِّن شَيۡءٍ إِذۡ كَانُواْ يَجۡحَدُونَ
بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ (٢٦) وَلَقَدۡ
أَهۡلَكۡنَا مَا حَوۡلَكُم مِّنَ ٱلۡقُرَىٰ وَصَرَّفۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ
(٢٧) فَلَوۡلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرۡبَانًا ءَالِهَةَۢۖ
بَلۡ ضَلُّواْ عَنۡهُمۡۚ وَذَٰلِكَ إِفۡكُهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ (٢٨)

باوەڕ بکە بە زیندووبوونەوە، بێگومان بەڵێنی (اللَّهُ)یەو ڕاستە، جا دەیوت ئەم قسەیە هەر داستانە پڕوپوچەکانی کۆنە. لەفەرمودەداهاتوە کە یەزیدی کوڕی معاویە باسکرا لەلایەن مەروانەوە بۆئەوەی پەیمانی پێبدرێ، جا عەبدورەحمانی کوڕی ئەبوبەکر قسەیەکی پێ وت.:{ فَقَالَ خُذُوهُ فَدَخَلَ بَيْتَ عَائِشَةَ فَلَمْ يَقْدِرُوا فَقَالَ مَرْوَانُ إِنَّ هَذَا الَّذِي أَنْزَلَ اللَّهُ فِيهِ وَالَّذِي قَالَ لِوَالِدَيْهِ أُفٍّ لَكُمَا أَتَعِدَانِنِي فَقَالَتْ عَائِشَةُ مِنْ وَرَاءِ الْحِجَابِ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ فِينَا شَيْئًا مِنْ الْقُرْآنِ إِلَّا أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ عُذْرِي/البخاري/ وتی: بیگرن، ئەویش چوە ماڵی خاتو عائیشەی خوشکیەوەو نەیانتوانی بیگرن، جا مەروان وتی: بەراستی ئەمە ئەو کەسەیە کەئەم ئایەتە دابەزیوە لەسەری﴿جا ئەو کەسەی کە بە باوك‌و دایکی وت: وای بۆ ئێوە، ئایا بەڵێنی ئەوەم پێ دەدەن کە من پاش مردن جارێکی تر زیندو دەکرێمەوە بۆ لێپرسینەوە ...؟! ﴾جا خاتون عائیشە لەپشت پەردەوە وتی: خوا لەقورئاندا لەبارەی ئێمە هیچی نەناردوە بێجگە لەوەی کە خوا پاکانەی منی دابەزاند} پەروەردگاریش لە وەڵامی ئەم جۆرە کەسەو هاوشێوەکانیدا دەفەرموێ:

(١٨) ئەوانە کەسانێکن کە بڕیاری (اللَّهُ) کە دۆزەخ پڕکرنە لێیان، بەهۆی لاساری خۆیانەوە چەسپاوە پێیانەوەو لە ناو تاقم‌و پێڕو گەلانێکن لەمرۆڤ‌و جنۆکەی لەناوچوی پێش خۆیاندان کەبێگومان هەمویان ڕەنجەڕۆو زیان لێ کەوتوون.

(١٩) جا بۆ هەمویان لەجنۆکەو مرۆڤ پلەی جیاجیا هەیەو هەر کەسەی بەگوێرەی کرداری خۆی کەم‌و زۆر چاك‌و خراپ، بەرهەمی ئەوکارانەی کە کردویانن وەردەگرن، خۆ ئەوان ستەمیان لێ ناکرێت نە بێ باوەڕ تۆڵەی زیاتر لە تاوانی خۆی لێ وەردەگیرێت‌و نە باوەڕدار لە چاکەکانی کەم دەکرێتەوە.

(٢٠) ئەوسا باس بکە ئەو ڕۆژەی کە ئەوانەی خوا نەناس بوون بەسەر ئاگریاندا دێنن‌و پیشانیان دەدرێت، جا پێیان دەوترێت: لە ژیانی دنیادا خۆشیەکانی خۆتانتان بەسەربردوو بە باشی سودی خۆتانتان لێ وەرگرت، جا ئەمڕۆ بە سزایەکی ناشیرین‌و سووك سزا دەدرێن بەهۆی ئەوەی کە ئێوە لەسەر زەویدا بە ناحەق خۆتان بەزل دەگرت، وەبەهۆی ئەوەی کە لە گاتان بگاردبوو لە خراپەو خراپەکاریدا.

(٢١) بەسەرهاتی برای عاد کە هودە عليه السلام باس بکە بۆ گەلەکەت، بەڵکو پەندی لێ وەربگرن ئەو کاتەی کە گەلەکەی خۆی لە ئەحقافدا ترساند بە سزای پەروەردگار ئەگەر بەگوێی نەکەن‌و چەندین ترسێنەری تریش پێش‌و پاش ئەویش بوون کە هەمویان وتویانە جگە لە (اللَّهُ) هیچ شتێکی تر مەپەرستن بەبێگومان من لە سزایەکی گەورە دەترسم کە لە ناکاودا بدات بەسەرتاندا، جا ئەوان لەباتی بیرکردنەوەو پەیڕەوی کردنی هود زیاتر لەسەر خراپەی خۆیان سورتر دەبوون‌و باوەڕیان بە هود عليه السلام نەکرد.

(٢٢) وتیان: ئایا بۆیە هاتویتە لامان کە لە بەندایەتی خوداکانمان لامان بدەیت؟ جا تۆ ئەگەر لە ڕاستگۆیانی دەی بیهێنە ئەو سزایەی کە هەڕەشەت پێ کردوە لێمان.

(٢٣) فەرموی: زانینی کاتی هاتنی ئەو سزایە هەر لەلای (ﷲ)یەو من هیچی لێ نازانم، وە ئەوەی کە بۆی ڕەوانە کراوم من بەئێوەم گەیاندوە، بەڵام من ئێوە بە گەلێکی نەزان دەبینمو فامی هیچ شتێکی باشتان نیە.

(٢٤) جا کاتێك کە بینیان هەورێك ڕووی کردۆتە شیوەکانیان بە خۆشیەوە وتیان: ئەمە هەورێکەو بارانمان بۆ دەبارێنێ، نەخێر ئەوە ئەو شتەبو کە پەلەتان بۆی دەکرد کە (بایە) و سزای بەژانی تێدایە بۆتان. بەڵێ ئەو بایە بەبێ پسانەوە حەوت شەوو هەشت ڕۆژ لێیدان،لە فەرمودەدا هاتوەکە خاتون عائیشە وتویەتی: { مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ ضَاحِكًا حَتَّى أَرَى مِنْهُ لَهَوَاتِهِ إِنَّمَا كَانَ يَتَبَسَّمُ قَالَتْ وَكَانَ إِذَا رَأَى غَيْمًا أَوْ رِيحًا عُرِفَ فِي وَجْهِهِ قَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ النَّاسَ إِذَا رَأَوْا الْغَيْمَ فَرِحُوا رَجَاءَ أَنْ يَكُونَ فِيهِ الْمَطَرُ وَأَرَاكَ إِذَا رَأَيْتَهُ عُرِفَ فِي وَجْهِكَ الْكَرَاهِيَةُ فَقَالَ يَا عَائِشَةُ مَا يُؤْمِنِّي أَنْ يَكُونَ فِيهِ عَذَابٌ عُذِّبَ قَوْمٌ بِالرِّيحِ وَقَدْ رَأَى قَوْمٌ الْعَذَابَ فَقَالُوا هَذَا عَارِضٌ مُمْطِرُنَا/البخاري/ پێغەمبەری خوامﷺ نەدیوە کەپێکەنیبێت ئاسمانگەی دەمی دەرکەوتبێت ئەوهەر زەردەخەنەی بو وتی: هەرکاتێك هەورێك یان بایەکی ببینایە پێناخۆشی بەناوچاویدا هەست پێ دەکرا وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بێگومان خەڵکی کەهەوردەبینن کەیفخۆش دەبن، هیوای ئەوەی لێ دەکەن کە بارانی پێبێ، جا تۆ دەبینم هەر کاتێ دەیبینی پێناخۆشی بەناچاوتەوە دەزانرێت؟ جافەرموی: ئەی عائیشە چ شتێك دڵنیای کردوم کەسزای تێدا نیە؟ گەلێك بەبا سزادران، وەگەلێکیش سزایان دی، جا وتیان: ئەمە هەورێکەو بارانمان بۆدەبارێنێ }.

(٢٥) ئەو بایە بە فرمانی پەروەردگاری خۆی ئەو شتەی کە بڕیار بوو لەناوی ببات هەموی لەناوی برد، جا نە پیاو و نە ژنو نە گەورەو نە بچوكو نە سەروەتو سامان هیچی نەهێشتەوە تەنها هود ﷺ و ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێ هێنابو مانەوە. ئەوسا وایان لێ هات تەنها جێگای ماڵەکانیان دەبینرا، هەر ئاوەها تۆڵە لە ستەمکاران وەردەگرین.

(٢٦) بە ڕاستی لەو شوێنەدا دەزگاو دوکانو هێزێکی وامان بەوان دابوو کە بە ئێوەمان نەداوەو گوێچکەو چاوو عەقڵمان پێدان، ئەوسا نە گوێچکەیانو نە چاویانو نە عەقڵیان هیچ سودێکی بەوان نەدا چونکە ئەوان گاڵتەیان بە نیشانەکانی (ﷲ) دەکرد، جا ئیتر سزای ئەوەی کە گاڵتەیان پێ دەکرد دای بەسەریانداو ئاوا لەناوی بردنو کردنی بە پەندی ڕۆژگار (خوا بە لوتفی خۆی لە سزای دنیاو ئاخیرەت بمانپارێزێت) جا هەر کەسێك (ﷲ) سەرشۆڕی بکات کێ دەتوانێت بەهێزی بکات؟ ئەم باسانە هەمویان بۆ ئەم ئوممەتەیە تاواز بێنن لە دژایەتی قورئانو بەرنامە ڕاستەکەی ئیسلامو بگەڕێنەوە بۆلای (ﷲ) هەتا دەرگای تەوبەی لێ دانەخراوە.

(٢٧) بە ڕاستی لە چواردەوری ئێوە گەلێك وڵاتمان لەناوبردو نیشانەکانی خومانمان زۆر گۆڕی بۆیان بەڵکو لەتاوانو خراپەکاری بگەڕێنەوە، بەڵام هەر لەسەر خراپەی خۆیان سوربوون تا وایان بەسەر هات.

(٢٨) سا ئەو کەسانەی کە ئەوان جگە لە (ﷲ) دەیانپەرستن تا بەوهۆیەوە لە (ﷲ) نزیك ببنەوە دەی با بەدەمیانەوە بهاتنایەویارمەتیان بدانایە! بەڵکو هەر لێشیان ون بوون، وەئەوەش لەو درۆیانەن کە بۆ خۆیان هەڵیان بەستوە، کە گوایە دەگەنە فریامانو تکامان بۆ دەکەن لەلای (ﷲ)؟! زۆر باوەڕدار هەیە هەر بەم شێوەیە لە ڕێگای ڕاست ترازاوەو چاوەڕوانی کەسانی ترن جگە لە پێغەمبەر ﷺ تکایان بۆ بکاتو نەیەڵێت بچنە ناودۆزەخەوەو لە پردی سیرات دەستیان بگرێت، بەڕاستی گەلێکی نەزانو نەفامنو بیر لەم قورئانە ناکەنەوەو خۆیانی لێ گێل دەکەن. بیربکەنەوە تاکەی لەناو نەفامیدا دەخولێنەوە هەی نەزانان؟! پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ پاش ئەوەی کە لە مەکەدا دنیای لێ تەنگ بوو چوو بۆ تائیف بەڵکو جێگایەك پەیدابکات بۆ خۆیو یارەکانیو بتوانێت ئازادانە ئەم بانگە پیرۆزەی ئیسلام بە خەڵك بگەیەنێت، بەڵام پاش قسەو گفتوگۆیەکی زۆر لەگەل سێ سەرپەرشتەکەی تائیفدا نەك هەر وەڵامی باشیان نەدایەوە

وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا
حَضَرُوهُ قَالُوٓا۟ أَنصِتُوا۟ فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْا۟ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ
(٢٩) قَالُوا۟ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ
مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ
(٣٠) يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُوا۟ دَاعِىَ ٱللَّهِ وَءَامِنُوا۟ بِهِۦ يَغْفِرْ لَكُم مِّن
ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (٣١) وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِىَ ٱللَّهِ
فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ أُو۟لَٰٓئِكَ
فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ (٣٢) أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضَ وَلَمْ يَعْىَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْۦِىَ ٱلْمَوْتَىٰ بَلَىٰٓ
إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ (٣٣) وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ
أَلَيْسَ هَٰذَا بِٱلْحَقِّ قَالُوا۟ بَلَىٰ وَرَبِّنَا قَالَ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا
كُنتُمْ تَكْفُرُونَ (٣٤) فَٱصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ
وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا
سَاعَةً مِّن نَّهَارٍ بَلَٰغٌ فَهَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْفَٰسِقُونَ (٣٥)

٣٨ سُورَةُ مُحَمَّدٍ ٤٧

بەلکو لەکاتی گەڕانەوەیدا مندالآنیان لێ هانداو دایانە بەر بەردو برینداریان کرد، بەلآم ئەو زاتە دڵ گەورەو بە ڕەحمە نەك هەر دوعای شەڕی لێ نەکردن بەلکو پاکانەی بۆ کردن لە نزا بەناوبانگەکەیداو فەرموی: نازانن من پێغەمبەرم بۆیە وام لێ دەکەن کە سیرەت نویسان بە درێژی ئەم باسەیان نوسیوەو لێرەدا نامانەوێت زیاتر درێژەی پێ بدەین بەلکو دەمانەوێت بلێین: کە کاتێك گەڕاوە لە ڕێگادا لە (بەتنونەخلە) قورئانی دەخوێند کۆمەڵێك لە جنۆکە هاتنە لایو بە خۆیانیان وت: بێ دەنگ بن کە نۆ کەس بوونو یەکێکیان زەوبیعە ناوێك بوو جا پەروەردگار ئەم ئایەتانەی دابەزاندوپێغەمبەری ﷺ لەروداوەکە ئاگادار کردەوەو فەرموی:

(٢٩) وەبیریان بهێنەوە ئەو کاتەی کە هەندێك لە جنۆکەکانمان ناردە لای تۆ کەگوێ لەم قورئانە بگرن، جا کاتێك کە ئامادەی لای تۆ بوون لە ناوخۆیاندا وتیان: بێ دەنگ بن جا کاتێك لەخوێندنەوەی بویتەوە ئەوان گەڕانەوە بۆلای گەلەکەی خۆیان کە ترسێنەر بون بۆیان بەسزای (الله) ئەگەر باوەڕ بەم قورئانە نەکەن. جابەم شێوەیە (الله) دڵی پێغەمبەری ﷺ دایەوە، واتە ئەگەر لەوسەفەرەدا خەڵکێك نارەحەتیان کردیت و باوەڕیان نەهێنایت وا ئێمە کۆمەڵێك لە جنۆکەمان ناردە لاتو باوەڕیان هێناو بون بەبانگەوازکەر بۆپەیڕەوی کردن لەخۆتو لە بەرنامەکەت.

(٣٠) وتیان: ئەی خزمان بەڕاستی ئێمە پەڕاوێك کە پاش موسا ڕەوانە کراوەو دان دەنێت بەوەی کە لە پێش خۆیدا هاتوە بیستمان کە ڕێنمونی دەکات بۆ هەموشتێکی ڕەواو بۆ ڕێگای ڕاست،

(٣١) ئەی خزمان وەڵامی بانگەوازکەرەکەی (الله) بدەنەوەو باوەڕی پێ بکەن (الله) لە تاوانباران خۆش دەبێتو لە سزای بەژان ڕزگارتان دەکات.

(٣٢) خۆهەر کەسێکیش وەڵامی بانگەوازکەرەکەی (الله) نەداتەوە، ئەوسا ئەو لەم زەویەدا بۆ خۆ ڕزگار کردن هیچ دەرفەتێکی دەست ناکەوێت، وە جگە لەو زاتەش هیچ یارمەتی دەرو دۆستێکی نیە ئا ئەوانە لە گومڕاییەکی ئاشکرادان.

(٣٣) ئایا ئەوان هەروا لەسەر دژایەتی ئایینو پێغەمبەر ﷺ سورنو نەیانزانیوە کە بێگومان ئەو (الله)یەی کە ئاسمانانو زەوی دروستکردوە، جابۆ دروستکردنیشیان ماندوو نەبوە دەتوانێت کە مردوان زیندو بکاتەوە؟ وانیە کەئەوان بیری لێ دەکەنەوە، بێگومان کە ئەو زاتە توانای بەسەر هەمو شتێکدا هەیە. جارێکی تر قورئان دەمانباتەوە بۆ قیامەتو دەفەرموێ:

(٣٤) ئەوسا ئەو ڕۆژەی کە ئەو کەسانەی خوانەناس بوون لەسەر ئاگر ڕادەگیرێن و پێیان دەوترێت: ئایا ئەمە ڕاست نیە؟ دەڵێن: ڕاستە، سوێند بە پەروەردگارمان، بەڵێ هەروەکو لە دنیادا قسەی بێ جێیان دەکرد لەوێش ئەم سوێندە بێ جێیەش دەخۆن چونکە داوای سوێندیان لێ نەکراوە گوایە دەیانەوێت بەزەیی (الله) بۆخۆیان ببزوێنن؟! پەروەردگار دەفەرموێ: سا بەهۆی ئەوەی کە

خوانەناس بوون ئەم سزایە بچەژن کە سزای ئاگرە (خوا پەنامان بدات). ئینجا پەروەردگار ڕوو لە پێغەمبەرمان ﷺ دەکاتو دەفەرموێ:

(٣٥) تۆش هەروەکو پێغەمبەرە خاوەن عەزمو جەزمو کۆڵنەدەرەکان خۆت ڕابگرە وەکو چۆن ئەوان خۆیان ڕاگرت و پەلەی سزا مەکە بۆیان، چونکە ئەوان ئەو ڕۆژەی کە ئەو سزا بەڵێن پێدراوەیان چاو پێ کەوت وەکو ئەوە وان کە جگە لە کاتێکی زۆر کەمی ڕۆژێك لەم ژیانەدا نەبوون، ئا ئەمە ڕاگەیەنراوێکە دەبوایە پەندو ئامۆژگاریان لێ وەرگرتایە، ئەوسا ئایا جگە لەو گەلەی کە لە سنور دەرچوون لە خراپەو تاواندا کەسێکی تر لەناو دەچێت؟ واتە هەر تاوانبار لەناو چوو ڕەنجەڕۆدەبێت، ئەمەش بەڵگەی دادگەری(ﷲ)ی بالآدەستە، ئەگەر کەسێك شایستەی سزا نەبێت سزا نادرێت.

(٤٧) سورەتی محمد (٣٨)

سورەتی (محمد) ﷺکە سورەتی چلو حەوتەمی قورئانە، لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە جگە لە ئایەتی ﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةً ... ﴾ محمد: ١٣. وە ئەم سورەتە سیو هەشت ئایەتەو بەسورەتی (القتال)یش ناو دەبرێت. وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی نەوەدو شەش هەمینەو پاش سورەتی (الحدید) و پێش (الرعد) دابەزیوە. ناوی پێغەمبەرمان ﷺ بە(محمد) تەنهاچوارجار هاتوە،لەم سورەتەو لە(ئەحزاب) و (ئالی عیمران) و (فەتح)دایە.

بەناوی الله ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەو کەسانەی کە خوانەناس بوونو ڕێگای بڵاوبونەوەی ڕێبازیﷲیان دەگرتو ببوون بە بەرپەرچو دیوارێك لە ڕێگای گەیاندنی ئایینی ئیسلامدا خوا کردەوەکانیانی پوچەڵ کردەوە.

(٢) جا ئەو کەسانەش کە باوەڕیان هێناو کرداری چاکیان کردو باوەڕیان هێناوە بەوەی کە ڕەوانەکراوە بۆ محمد ﷺ کە قورئانە، ـ کە هەر ئەوەش تاکەرێبازی ڕاستە کە لەلایەن پەروەردگاریانەوە بۆیان هاتوە ـ خوا خراپەکانی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ أَضَلَّ أَعۡمَٰلَهُمۡ (١) وَٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَءَامَنُواْ بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٖ وَهُوَ ٱلۡحَقُّ مِن
رَّبِّهِمۡ كَفَّرَ عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَأَصۡلَحَ بَالَهُمۡ (٢) ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
ٱتَّبَعُواْ ٱلۡبَٰطِلَ وَأَنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّبَعُواْ ٱلۡحَقَّ مِن رَّبِّهِمۡۚ كَذَٰلِكَ يَضۡرِبُ
ٱللَّهُ لِلنَّاسِ أَمۡثَٰلَهُمۡ (٣) فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرۡبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ
إِذَآ أَثۡخَنتُمُوهُمۡ فَشُدُّواْ ٱلۡوَثَاقَ فَإِمَّا مَنَّۢا بَعۡدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلۡحَرۡبُ
أَوۡزَارَهَاۚ ذَٰلِكَ وَلَوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنۡهُمۡ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَاْ بَعۡضَكُم
بِبَعۡضٖۗ وَٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعۡمَٰلَهُمۡ (٤) سَيَهۡدِيهِمۡ
وَيُصۡلِحُ بَالَهُمۡ (٥) وَيُدۡخِلُهُمُ ٱلۡجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمۡ (٦) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ (٧) وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
فَتَعۡسٗا لَّهُمۡ وَأَضَلَّ أَعۡمَٰلَهُمۡ (٨) ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ كَرِهُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ
فَأَحۡبَطَ أَعۡمَٰلَهُمۡ (٩) ۞ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ
كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ دَمَّرَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡۖ وَلِلۡكَٰفِرِينَ أَمۡثَٰلُهَا (١٠)
ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ مَوۡلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَأَنَّ ٱلۡكَٰفِرِينَ لَا مَوۡلَىٰ لَهُمۡ (١١)

لەسەر لابردنو کاروباریشی بۆ ڕێکخستن، ئینجا هۆی هەڵوەشاندنەوەی کاری خوا نەناسانو وەرگرتنی کاری باوەڕداران باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٣) ئەوەش بێگومان لەسەر ئەوەبوو چونکە خوا نەناسان پەیڕەوی شتی پڕو پوچیان کردوەو بێگومانیش باوەڕداران پەیڕەوی ئەو ڕاستیانە کردوە کە لەلایەن پەروەردگاری خۆیانەوە بۆیان هاتوە، هەر ئاوەها ﷲ بۆ ئەم خەڵکە چەندین نمونەیان بۆ باس دەکات بەڵکو ژیر بنو پەیڕەوی ڕێگای ڕاستو دروست بکەن.

(٤) ئەوسا هەر کاتێك توشی ئەو خوا نەناسانە بون لە ملیان دەن، تا ئەو کاتەی کە تێکیان دەشکێننو لە دەستیان دەخەن ، جا ئیتر دیلەکانیان توند ببەستنەوەو پاشان یا بە منەتنانو بێ بەرامبەر ئازادیان بکەن یان بەرامبەریان لێ وەرگرن چ گیراو بە گیراو یان بە پارە ئەمەش دەبێت درێژەی هەبێت تا کاتێك شەڕ کۆتایی دێت واتە: ئیسلام شەڕ بۆیە دەکات کە شەڕ نەمێنێ، ئەوەیە بەرنامەی ﷲ بۆ مرۆڤ، خواناس بێ یان خوانەناس، ئەگەر ﷲ ئارەزۆی

إِنَّ ٱللَّهَ يُدْخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن
تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ ٱلْأَنْعَٰمُ
وَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ﴿١٢﴾ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ هِىَ أَشَدُّ قُوَّةً مِّن قَرْيَتِكَ
ٱلَّتِىٓ أَخْرَجَتْكَ أَهْلَكْنَٰهُمْ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ ﴿١٣﴾ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ
مِّن رَّبِّهِۦ كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَهْوَآءَهُم ﴿١٤﴾ مَّثَلُ ٱلْجَنَّةِ
ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ ۖ فِيهَآ أَنْهَٰرٌ مِّن مَّآءٍ غَيْرِ ءَاسِنٍ وَأَنْهَٰرٌ مِّن لَّبَنٍ لَّمْ
يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُۥ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّٰرِبِينَ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ عَسَلٍ مُّصَفًّى ۖ
وَلَهُمْ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ ۖ كَمَنْ هُوَ خَٰلِدٌ فِى ٱلنَّارِ
وَسُقُوا۟ مَآءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَآءَهُمْ ﴿١٥﴾ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ
حَتَّىٰٓ إِذَا خَرَجُوا۟ مِنْ عِندِكَ قَالُوا۟ لِلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ مَاذَا قَالَ ءَانِفًا ۚ
أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَهْوَآءَهُمْ ﴿١٦﴾ وَٱلَّذِينَ
ٱهْتَدَوْا۟ زَادَهُمْ هُدًى وَءَاتَىٰهُمْ تَقْوَىٰهُمْ ﴿١٧﴾ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا
ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً ۖ فَقَدْ جَآءَ أَشْرَاطُهَا ۚ فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَآءَتْهُمْ
ذِكْرَىٰهُمْ ﴿١٨﴾ فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ
وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَىٰكُمْ ﴿١٩﴾

ناکات تا هەندێکتان بە هەندێکتان تاقی بکاتەوە تا دەرکەێت باوەڕداران چەندە ڕاست دەکەن لەگەڵ ئایینی خۆیانداو چی بۆ دەکەن‌و خوا نەناسانیش چەندە دژایەتی ئایینی ﷲ دەکەن‌و خەڵکی باوەڕدار سزا دەدەن بۆ پاشەڕۆژ تا هەر کەس بۆ خۆی شایەت بێت لەسەر کردارەکانی خۆی‌و هیچ کەس نەڵێ نەمزانی یان نەمتوانی، جا ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای خوادا کوژراون ئەوسا هەرگیز ئیشەکانیان لێ ون ناکرێت‌و پاداشتی کارو کۆششی خۆیان پی دەدرێتەوە.

(٥) کەبەم زوانە ڕێگای ڕاستیان پیشان دەدات کە بیانگەیەنێتە بەهەشت‌و کاروباری ئەم ژیانەشیان بۆ سامان دەدات.

(٦) ئەوسا دەیانباتە ئەو بەهەشتەی کە لە دنیادا بۆی باسکردوون ،جا کاتێك کە چونە ناویەوە هەر چۆنێك لەدنیادا جێگای خۆیان دەناسنەوە هەر ئاوەها لەوێش هەر کەسێك جێگای خۆی دەناسێتەوە.

(٧) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئێوە بەڕاستی یارمەتی ئایینی خودا بدەن خوداش یارمەتی ئێوە دەدات‌و پێتان لەسەر ڕێگای ڕاست‌و خودا پەرستی ڕاستەقینە بتەو دەکات.

(٨) جا ئەو کەسانەی کە خوا نەناس بون ئەوسا هەر لەناو چوون‌و ڕۆژ ڕەشی بەشیانەو خودا کردارەکانیانی پوچەڵ کردونەتەوە،

(٩) ئەوەش لەبەر ئەوەبو چونکە بەبێگومان ئەوان خۆشیان نەدەهات لەوەی کە خوا ڕەوانەی کردبو ئەوسا(ﷲ) کردارەکانیانی لێ هەڵوەشاندنەوەو دەستیان لە هەمانەی خاڵیەوە دەرچوو.

(١٠) ئایا ئەوان بەم زەویەدا نەگەڕاون جا تەماشا بکەن‌و بزانن سەرئەنجامی خراپەکاران‌و گەنەکێڵانی گەلانی پێش خۆیان چۆن بوەو چییان بەسەر هاتوە؟ کەﷲ تەفروتونای کردون‌و فەوتاندونی، خۆدەشفەرموێ: بۆ هەمو کافرێکی خوا نەناس لەهەمو کاتدا وێنەی ئەو سزایانە هەیەو چاوەڕوانیان دەکات.

(١١) ئەوەش لەبەر ئەوەبوو چونکە بێگومان ﷲ دۆست‌و یارمەتیدەری باوەڕدارانەو بێگومان خوا نەناسان دۆست‌و لایەنگریان نیە.

(١٢) بێگومان کە ﷲ جل جلاله، ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە دەخاتە ناو باخچە گەلێکەوە کە بەناویاندا چەندین جۆگای پێدا دەڕوات.وە ئەو کەسانەش کە کافرو سپڵەو نمەك نەناس بوون ڕادەبوێرن‌و کەیف وخۆشی دەکەن لەدنیادا هەروەکو چوار پێیانیش دەخۆن‌و وا دەزانن هەر بۆ خەو و خواردن دروستبوون، ئەوسا ئەوانە ئاگر جێگایانە.

لە فەرمودەدا هاتوە کە: {المُؤمنُ يَأكُلُ في مِعىً واحِدٍ، والكافِرُ يَأكُلُ في سَبعَةِ أمْعاءٍ/ متفق عليه/ باوەڕدار لە یەك ڕیخۆڵەوە خواردن دەخوات، وە خوانەناس لە حەوت ڕیخۆڵەوە دەخوات}.

(١٣) زۆر وڵات هەبوە کە زۆر بەهێزتر بوون لەو وڵاتەی کە تۆیان دەرکرد، جا ئێمە لەناومان بردن ئەوسا هیچ یارمەتیدەرێکیان نەبو کە لە دەست تۆڵەی ئێمە ڕزگاریان

بکات واتە: تۆش خەم مەخۆ هەمان چارەنووس چاوەڕوانی ئەم گەلەیە کە تۆیان دەرکردوە لەمەکە. بەڵێ لەڕاستیدا زۆری پێ نەچوﷻ سەرانی کوفری هێنایە بەردەستی موسڵمانانو درۆینە کرانو زۆربەی سەرکردەکانیان لە غەزای بەدردا کوژران، یان بەدیل گیران.جا بەم شیوەیە ﷻ هەر لەم دنیادا پێش سزای دواڕۆژیان سزای بچوکی دانو سەر شۆڕی کردن.

(١٤) ئایا ئەو کەسەی کە لەلایەن پەروەردگاری خۆیەوە لەسەر چاو ڕۆشنی بێت وەکو ئەو کەسە وایە کە کردارە خراپەکانی بۆ جوان کرابێت و پەیڕەوی لە ئارەزۆی خۆیان بکەن؟ ئاشکرایە کە ئەم دووانە وەك یەك نین یەکەمیان: نمونەی باوەڕدارانەو ،دووهەمیان: نمونەی خودا نەناسانە.

(١٥) وێنەی ئەو بەهەشتەی کە بە پارێزکاران بەڵێن دراوە ئا بەم شێوەیە کە لەناویدا چەندین جۆگای ئاوی تێدایە کە نەگۆڕاونو چەندین جۆگای شیری تێدایە کە ئەوانیش تامیان نەگۆڕاوەو چەندین جۆگای شەرابی تێدایە کە پڕ تامە بۆ ئەوانەی کەدەیخۆنەوەو چەندین جۆگای هەنگوینی پاڵفتەی تێدایە سەرەڕای ئەوەش لە هەموو بەروبومێکیان بۆ هەیەو چاوپۆشی پەروەردگاری خۆیشیان دەیانگرێتەوە ، ئایا ئەو کەسەی ئا لەم ژیانەدا بێت وەکو ئەو کەسە وایە کە هەمیشە لەناو ئاگردا بێتو ئاوی داخی وایان پێ بدرێت کە ڕیخۆڵەکانیان پارچە پارچە بکات؟ لە فەرمودەدا هاتوە کە: (ئەو هەنگوینە مێش نایکات) هەروەها لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە کە: { سَيحَانُ وجَيحَانُ والنَيلُ وَالفُراتُ مِن أنهارِ الجَنَّةِ /مسلم وغيره/ سەیحانو جەیحانو نیلو فورات لە روبارەکانی بەهەشتن}.

(١٦) جا لە ناو ئەوان دا کەسانێك هەن کە گوێت لێ دەگرن تا لە لای تۆ دەچنە دەرەوە ، جا چونکە هەر بە رواڵەت گوێیان گرتبو هیچ حاڵی نەبوون بۆیە کەدەرچون بەخوێندەوارانیان وت: ئەوە ئێستا محمد چی وت؟ ئا ئەوانە ﷻ مۆری ناوە بە سەر دڵیانداو هیچ شتێکی

ڕاستو دروست وەرناگرنو پەیڕەوی لە ئارەزۆکانی خۆیان دەکەن نە تێگەیشتنیان چاکەو نە نیەتیان باشە.

(١٧) خۆ ئەو کەسانەی کە ڕێگای ڕاستیان گرتوە (ﷻ) زیاتر ڕێنماییان دەکاتو ترسی خۆی زیاتر دەخاتە ناو دڵیانەوەو ئەوانیش چاکتر ڕێگای بەختەوەری خۆیان دەگرن،

(١٨) ئەوسا ئایا ئەوان جگە لە هاتنی قیامەتێك کە بە کتوپڕی دێتە لایان چی تر چاوەڕێ دەکەن؟ ئەوەش بە ڕاستی نیشانەکانی هاتوە کە هاتنی پێغەمبەرمان ﷺ یەکێکە لە نیشانەکانیو پاش ئەو پێغەمبەرێکی تر نایەتو جیهان بەسەر ئەم گەلەدا وێران دەبێت، دەی چ سودێکی هەیە بۆیان بیرکردنەویان کاتێك کە قیامەت هاتو سزای کردارەکانیان یەخەی گرتن؟

(١٩) جا بزانە جگە لە ﷻ هیچ شتێکی تر شایستەی پەرستن نیەو بۆ گوناهی خۆتو بۆ باوەڕدارانیش چ پیاو و چ ژن داوای لێخۆشبوون بکە، ئەوسا ﷻ بە هەموو جموجوڵێکی شەو و ڕۆژتان دەزانێو هیچی لێ ناشاردرێتەوە.لەفەرمودەدا کە عاسم لە عەبدوڵای کوڕی سەرجیسەوەهێناویەتی کە:{ قَالَ رَأَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ وَأَكَلْتُ مَعَهُ خُبْزًا وَلَحْمًا أَوْ قَالَ ثَرِيدًا قَالَ فَقُلْتُ لَهُ أَسْتَغْفَرَ لَكَ النَّبِيُّ ﷺ قَالَ نَعَمْ وَلَكَ ثُمَّ تَلَا هَذِهِ الْآيَةَ ﴿وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾ قَالَ ثُمَّ دُرْتُ خَلْفَهُ فَنَظَرْتُ إِلَى خَاتَمِ النُّبُوَّةِ بَيْنَ كَتِفَيْهِ عِنْدَ نَاغِضِ كَتِفِهِ الْيُسْرَى جُمْعًا عَلَيْهِ خِيلَانٌ كَأَمْثَالِ الثَّآلِيلِ/مسلم/ :وتویەتی:پێغەمبەری خوام ﷺ بینییو لەخزمەتیدا نانو گۆشت یان وتی: تریتم خوارد ، عاسم دەڵێ وتم: پێغەمبەر ﷺ داوای لێخۆشبونی بۆ کردیت؟ وتی: بەڵێ، وەبۆ تۆیش، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە﴿بۆ گوناهی خۆتو بۆ باوەڕدارانیش چ پیاو و چ ژن داوای لێخۆشبوون بکە﴾ وتی: پاشان بەدەوریدا سوڕامەوە ئینجا تەماشای مۆری پێغەمبەرایەتیم کرد لەنێوانی هەردو شانیدا لەجێگای جموجوڵی شانی چەپی بو کە وەك هێلکەی کەو کەچەندین خاڵی وەك بالۆکەی لەسەربو}

وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ ۖ فَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ
مُّحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلْقِتَالُ ۙ رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ
يَنظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ ٱلْمَغْشِىِّ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ ۖ فَأَوْلَىٰ لَهُمْ
﴿٢٠﴾ طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَّعْرُوفٌ ۚ فَإِذَا عَزَمَ ٱلْأَمْرُ فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ
لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ ﴿٢١﴾ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا۟
فِى ٱلْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ
فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰٓ أَبْصَٰرَهُمْ ﴿٢٣﴾ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ
أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴿٢٤﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَٰرِهِم
مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَى ۙ ٱلشَّيْطَٰنُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَىٰ
لَهُمْ ﴿٢٥﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لِلَّذِينَ كَرِهُوا۟ مَا نَزَّلَ
ٱللَّهُ سَنُطِيعُكُمْ فِى بَعْضِ ٱلْأَمْرِ ۖ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِسْرَارَهُمْ
﴿٢٦﴾ فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ
وَأَدْبَٰرَهُمْ ﴿٢٧﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُوا۟ مَآ أَسْخَطَ ٱللَّهَ
وَكَرِهُوا۟ رِضْوَٰنَهُۥ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٢٨﴾ أَمْ حَسِبَ
ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَن لَّن يُخْرِجَ ٱللَّهُ أَضْغَٰنَهُمْ ﴿٢٩﴾

(٢٠) خۆ باوەڕداران دەڵێن ئای سورەتێك بهاتایە خوارەوە فرمانی غەزای تێدابوایە، جا هەر کاتێك سورەتێکی بتەو بهاتایەو باسی غەزای بکردایە تۆ دەبینی ئەو کەسانەی کە نەخۆشی دووڕوویی لەناو دڵیاندایە وەکو کەسێك کە لە ترسی مردن بێ هۆش بوبێت ئاوا تەماشات دەکەن ئەوەندە دەترسن لە جیهادو غەزا لە ڕێگای اللهدا، خۆ چاکتر بۆ ئەوان ئەوەبو،

(٢١) کە بییان وتایە: گوێڕایەڵین‌وقسەی چاکیان بوتایە، جا هەرکاتێ فرمانی غەزاش بدرێ جا با ڕاست بکەن لەگەڵ اللهدا لە باوەڕو گوێڕایەڵیدا کە هەر ئەوە چاکە بۆیان‌و بە سودی خۆیانەوبەهەرەی باشیان دەست دەکەوێت.

(٢٢) دەی بەراستی ئەگەر دەسەلاتتان دەستکەوت، لەم زەویەدا خراپە بلاو دەکەنەوەو پەیوەندی خزمایەتی دەبچڕێنن؟ لە فەرمودەدا هاتوە کە:{لايَدخُلُ الجَنَّةَ قَاطِعٌ /مسلم/ ئەو کەسەی کە پەیوەندی خزمایەتی ببچڕێنێت ناچێتە بەهەشتەوە}.

(٢٣) ئەوانە کەسانێکن کە الله نەفرینی لێ کردون ئەوسا کەڕوکوێر کردوون نە ڕاستی دەبیستن‌و نە ڕێگای ڕاست دەدۆزنەوە.

(٢٤) ئایا هەر بەرەو گومڕاهی دەچن‌و بیر لەم قورئانە ناکەنەوە؟ یان دڵەکان قفڵ کراون‌و هیچیان تێ ناچێت؟!

(٢٥) بەبێگومان ئەو کەسانەی کە پاشەو پاش گەڕانەوەو لەم ئاینە پەشیمان بونەوە پاش ئەوەی کە ڕێگایان بۆ ڕوون بویەوە، ئەوە شەیتانە کە ڕێگای خراپی لا جوان کردن‌و بەگوێچکەیانی چرپاندوە،

(٢٦) ئەوەش بۆیە شەیتان ئاوافێڵی لێکردوون چونکە بێگومان ئەوان بەو کەسانەی کە ئەم قورئانەیان خۆش نەدەویست وتوەکە الله هیچی ڕەوانە نەکردوە، بەم زوانە ئێمەش لە هەندێ کاروباری دژی ئەم ئایینەدا پەیڕەویتان دەکەین، تا ئەو جێگایەی کە بتوانین کارشکێنیش دەکەین ، ئەمە لە حاڵێکدایە کەالله ئاگادارە بە نهێنیەکانیان. قوڕیان بەسەر چەندە نەزان‌و بێ ئاگان کاتێ کەسزای خوا یەخەی گرتن چی دەکەن‌و بۆ کوێ دەچن؟

(٢٧) جا دەبێت چۆن بن ئەو کاتەی کە فریشتەکان گیانیان دەکێشن‌و لە دەم‌و چاو و پشتیان دەدەن،

(٢٨) ئەوەش لەبەر ئەوە بو چونکە بێگومان ئەوان پەیڕەوییان کرد لەو شتەی کە رقی اللهی هەڵدەسان‌و ڕازی بوونی ئەویان پێخۆش نەبوو ، ئەوسا هەمو کردارەکانیانی هەڵوەشاندنەوەو ئەوەی کە کردبویان وەکو بڵقی سەرئاوی لێ هات‌و هیچ شوێنەوارێکی نەما.

(٢٩) یان وا دەزانن ئەو کەسانەی کە نەخۆشی دوودڵی لەناو دڵیاندایە کە اللهئەو ڕق‌و قینەی ناو دەرونیان ئاشکرا ناکات‌و رسواو شەرمەندەیان ناکات؟!

(٣٠) خۆ ئەگەر ئێمە ئارەزۆمان لێ بێت ئەو دووڕووانە یەك بە یەك دیاری دەكەین بۆت ، بەڵام ئەوەی نەكردوە جگە لە ژمارەیەكی كەمی كە باسیان هاتوە لە فەرمودەدا كە سی‌و شەش كەسی ناوبردوە پاش ئەوان فەرمویەتی تێیاندا هەیە ، جا لە خوا بترسن‌و كەسی تری ناو نەبردوە، خۆ ئەوانە ئەی محمدﷺ هەربە قسەكانیاندا دەیانناسیت، وەاللَّهُ یش جل جلالە بەكردارەكانیان دەزانێت‌و ناتوانن هیچ نیەت‌و قسەو كردارێكی خۆیان لەو زاتە بشارنەوە.

(٣١) سا بە دڵنیاییەوە تاقیتان دەكەینەوە بە جیهاد تا بە زانیاریەكی ئاشكرا بۆمان دەربكەوێت ئەو كەسانەی كە جیهاد دەكەن لەناو ئێوەداو ئەو كەسانەش كە خۆگرن لەسەر غەزاو باقی كردارە چاكەكانی ترو خۆیان دەپارێزن لە گوناح، وەتا هەواڵی گوێڕایەڵی‌و سەرپێچی‌و ڕاستی‌و ناڕاستیتان دەربخەین بۆ خۆتان‌و خەڵكی دەوروبەرتان تا لە ڕۆژی قیامەتدا شایەت بن لەسەر كردارەكانتان چاك یان خراپ.

(٣٢) بێگومان ئەو كەسانەی كە خوا نەناسن‌و ڕێگایان لە بڵاوبونەوەی ئایینی اللَّهُ گرت‌و دژایەتی پێغەمبەریش ﷺ دەكەن پاش ئەوەیش كە ڕێگای ڕاستیان بۆ ئاشكرا بو، هەرگیز ئەوانە زیانێك بە اللَّهُ ناگەیەنن‌و بەم زوانە كردارەكانیان وەكو بڵقی سەر ئاو پوچەڵ دەكاتەوە. بەڵێ، یارەكانی پێغەمبەر ﷺ وایان دەزانی كە لەگەڵ وشەی (لا إله إلا الله/ هیچ پەرستراوێكی ڕاستەقینەی تر نیە بێجگە لە الله) ئیتر گوناح زیانی نیە هەروەكو چۆن لەگەڵ شیركدا هیچ كردارێكی چاكە سودی نیە، جا ئەم ئایەتە دابەزی‌و سنوری بیروباوەڕی ڕۆشنتر كردەوەو فەرموی:

(٣٣) ئەی ئەو كەسانەی كە باوەڕتان هێناوە پەیڕەوی لە زاتی اللَّهُ‌و پەیڕەوی لە پێغەمبەر ﷺ بكەن‌و كردارەكانتان پوچەڵ مەكەنەوە، واتە كرداری چاك كاتێك سودی هەیە كە مرۆڤ دژایەتی اللَّهُ‌و پێغەمبەرەكەی ﷺ نەكات نە بە كردارو نە بەوتارو نە بە نیەت ، جا ئەگەر بە یەكێك لەوانە دژایەتی كرد لە ئیسلامەتی دەردەچێت‌و هەمو كردارێكی چاكیشی هەڵدەوەشێتەوە .

وَلَوۡ نَشَآءُ لَأَرَيۡنَٰكَهُمۡ فَلَعَرَفۡتَهُم بِسِيمَٰهُمۡۚ وَلَتَعۡرِفَنَّهُمۡ فِي
لَحۡنِ ٱلۡقَوۡلِۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ أَعۡمَٰلَكُمۡ ﴿٣٠﴾ وَلَنَبۡلُوَنَّكُمۡ حَتَّىٰ نَعۡلَمَ
ٱلۡمُجَٰهِدِينَ مِنكُمۡ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبۡلُوَاْ أَخۡبَارَكُمۡ ﴿٣١﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَشَآقُّواْ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ
لَهُمُ ٱلۡهُدَىٰ لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗا وَسَيُحۡبِطُ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴿٣٢﴾
۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ
أَعۡمَٰلَكُمۡ ﴿٣٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ مَاتُواْ
وَهُمۡ كُفَّارٞ فَلَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡ ﴿٣٤﴾ فَلَا تَهِنُواْ وَتَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱلسَّلۡمِ
وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ وَٱللَّهُ مَعَكُمۡ وَلَن يَتِرَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ ﴿٣٥﴾ إِنَّمَا
ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞۚ وَإِن تُؤۡمِنُواْ وَتَتَّقُواْ يُؤۡتِكُمۡ أُجُورَكُمۡ
وَلَا يَسۡـَٔلۡكُمۡ أَمۡوَٰلَكُمۡ ﴿٣٦﴾ إِن يَسۡـَٔلۡكُمُوهَا فَيُحۡفِكُمۡ
تَبۡخَلُواْ وَيُخۡرِجۡ أَضۡغَٰنَكُمۡ ﴿٣٧﴾ هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ تُدۡعَوۡنَ
لِتُنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبۡخَلُۖ وَمَن يَبۡخَلۡ
فَإِنَّمَا يَبۡخَلُ عَن نَّفۡسِهِۦۚ وَٱللَّهُ ٱلۡغَنِيُّ وَأَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُۚ وَإِن
تَتَوَلَّوۡاْ يَسۡتَبۡدِلۡ قَوۡمًا غَيۡرَكُمۡ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓاْ أَمۡثَٰلَكُم ﴿٣٨﴾

(٣٤) بێگومان ئەو كەسانەی كە كافرو دژ بە خودان‌و ڕێگری دەكەن لە بڵاوبونەوەی ئایینی اللَّهُ ، لە پاشان هەر بەو كافرییە دەمرن هەرگیز اللَّهُ لێیان خۆش نابێت. ئینجا پەروەردگار ڕوو لە باوەڕداران دەكات‌و دەفەرموێ:

(٣٥) ئەوسا كە تووشی برینداریی‌و شەهادەت‌و تەنگ وچەڵەمە بوون لەسەر ئەم ئاینەیاللَّهُ لاواز مەبن‌و داوای شەڕ وەستاندن مەكەن ، لە كاتێكدا كە هەر ئێوە سەركەوتون ، چونكە باوەڕتان بە اللَّهُ‌هەیەو اللَّهُ یش لە گەڵتاندایە بە یارمەتیدان‌و بەهێزكردنتان، خۆ هەرگیز اللَّهُ كردارەكانتان كەم ناكاتەوە ، بەڵكو زیاتر پیرۆزو بە پیتی دەكات‌و جیگای خۆی بە باشی دەگرێت.

(٣٦) ژیانی دنیا هەر گەمەو گاڵتەو سەرگەرمیەكەو زۆر نابات لەناو دەچێت، ئەگەر باوەڕ بهێنن‌و لە خوا بترسن پاداشتان دەداتەوەو داوای ماڵتان لێ ناكات،

(٣٧) چونكە ئەگەر داواتان لێ بكات‌و پێدابگرێت لەسەر ماڵ لێ سەندنتان ئێوە ڕژدی دەكەن‌و ماڵ نابەخشن‌و ڕق‌و كینەتان سەبارەت بە ئایینی ئیسلام دەردەخات. بەڵێ،

٤٨ سُورَةُ الفَتْحِ ٢٩

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا ﴿١﴾ لِّيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ
وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا ﴿٢﴾
وَيَنصُرَكَ اللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا ﴿٣﴾ هُوَ الَّذِي أَنزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ
الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَّعَ إِيمَانِهِمْ ۗ وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ
وَالْأَرْضِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٤﴾ لِّيُدْخِلَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ
جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ
سَيِّئَاتِهِمْ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عِندَ اللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٥﴾ وَيُعَذِّبَ
الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ
بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ ۚ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ ۖ وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ
وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴿٦﴾ وَلِلَّهِ جُنُودُ
السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿٧﴾ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ
شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴿٨﴾ لِّتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ
وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٩﴾

مرۆڤ ئاوایە سەبارەت بە خۆشەویستی ماڵو سامانو کەسێکی خۆش ناوێت کە ماڵی لێ کەم بکاتەوە لە دنیادا مەگەر تاك تاك کەسانێك کە خوا دڵو دەروونی فرەوان کردبن.

﴿٣٨﴾ با هەمووتان چاك بزانن کە ئێوە بانگ دەکرێن بۆ ئەوەی ماڵ لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئایینی اللهدا ببەخشن، جا لەناو ئێوەدا هەندێکتان ڕژدی دەکەنو ماڵ نابەخشن ، ئەوسا هەر کەسێکیش ڕژدی بکات خراپەی ئەو ڕژدیەی هەر خۆی دەگرێتەوەو الله دەوڵەمەندەو ئێوەن هەژارو نیازمەند بە (الله) جا ئەگەر ئێوە پشت لەو ئایینە بکەن (الله)دەتان گۆڕێتەوە بە گەلێکی تری جگە لە ئێوە، پاشان ئەوان وەکو ئێوە ڕژدو خوانەناس نابن.

جا پێویستە کە باوەڕداران بە چاکی لەم ئایەتە پیرۆزە تێ بگەنو بۆ خزمەتی ئایینی الله کە مایەی خۆشبەختی مرۆڤە لە سەرو ماڵ درێغی نەکەن ئەگینا هەر وامان بەسەردێت کە ئەمڕۆ بەسەرمان هاتووەو هەتا هەین هەمیشە خۆزگە بە پارە دەبین. اللَّهُمَّ اَرِنَا الحَقَّ حَقّاً وَارزُقنَا إتبَاعَهُ امين.

٤٨ سورەتی فەتح ٢٩

سورەتی فەتح کە سورەتی چلوهەشتەمی قورئانە، بیستو نۆ ئایەتە، لە سورەتە مەدینەییەکانەو لەساڵی شەشەمی کۆچی شەو لەکاتی گەڕانەوە لەئاشتەوایی حودەیبیەدا بەیەك جاری هاتۆتە خوارەوە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی سەدوسیانزەهەمینە کە پاش سورەتی(الصف) پێش سورەتی (التوبة) دابەزیوە.

ساڵی شەشەمی کۆچی کە پێغەمبەرمان ﷺ خەونی بینی بوو چونەتە ناو مەکەوەو هەندێك سەریان تاشیو هەندێکیان کورتیان کردەوەو بێ ترس بوون، خەونی پێغەمبەرانیش لەسەری دەڕۆن مادام لەلایەن اللهوە بەرگری نەکرێت، جا بۆ ئەو مەبەستە خۆیو هەزارو چوارسەد کەس لە یارەکانی بۆ عومرە بەرەو مەکە دەرچوونو ئیحرامی عومرەیان بەستو پێغەمبەرمان ﷺ حەفتا وشتری بە هەدیە بەرەو مەکە هێناو یارەکانیشی حەوت وشتریان هێنابوو ، جا کاتێك گەیشتنە (حودەیبیە) کە گوندێکە یەك قۆناغی دەمێنێت بۆ گەیشتنە مەکە بت پەرستانی مەکە پێیان زانینو ڕێگایان لێگرتنو لەوێ ئاشتەواییەك کرا لەسەر چەند خاڵێك یەکێکیان ئەوەبوو کە ئەمساڵ بگەڕێنەوەو ساڵی ئایندە بێنەوە بۆ عومرە کردن ، جا بت پەرستانیش ئەو کاتە تا سێ ڕۆژ دەوری مەکە چۆڵ بکەنو ئەوانیش لەو سێ ڕۆژەدا عومرەی خۆیان بکەنو بحەسێنەوەو پاشان مەکە چۆڵ بکەن، جا ئەوە بو لەو شوێنەدا ئیحرامیان لابرد وهەدیەکانیان سەربڕیو سەریان تاشیو پاشان بە داخو خەمێکی زۆرەوە بەرەو مەدینە گەڕانەوە ، ئەوسا پەروەردگار ویستی دڵنەوایی پێغەمبەرەکەی بکاتو ئەو دڵ تەنگیو پەژارەیەیان لەسەر لابدات، شەو لە شیوێك لە بەردەم(عوسفان) لەنێوان (مەکە)و (مەدینە)دا ئەم سورەتە هەتا کۆتاییەکەی دابەزی، پێغەمبەرمانیﷺ شادمان کردو ئەویش موژدەی بە یارەکانی داو فەرموی: ئەمشەو سورەتێکی قورئانم بۆ هاتوە کە خۆشترە لەلام لە هەمو شتێكو پاشان خوێندییەوە: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا﴾ بێگومان ئێمە سەرکەوتن چ سەرکەوتنێکی ئاشکرامان بە

إِنَّ ٱلَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ ٱللَّهَ يَدُ ٱللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ
فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيْهُ
ٱللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١٠﴾ سَيَقُولُ لَكَ ٱلْمُخَلَّفُونَ
مِنَ ٱلْأَعْرَابِ شَغَلَتْنَآ أَمْوَٰلُنَا وَأَهْلُونَا فَٱسْتَغْفِرْ لَنَا يَقُولُونَ
بِأَلْسِنَتِهِم مَّا لَيْسَ فِى قُلُوبِهِمْ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ
شَيْـًٔا إِنْ أَرَادَ بِكُمْ ضَرًّا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ نَفْعًۢا بَلْ كَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ
خَبِيرًۢا ﴿١١﴾ بَلْ ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَنقَلِبَ ٱلرَّسُولُ وَٱلْمُؤْمِنُونَ إِلَىٰٓ
أَهْلِيهِمْ أَبَدًا وَزُيِّنَ ذَٰلِكَ فِى قُلُوبِكُمْ وَظَنَنتُمْ ظَنَّ ٱلسَّوْءِ
وَكُنتُمْ قَوْمًۢا بُورًا ﴿١٢﴾ وَمَن لَّمْ يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ فَإِنَّآ
أَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ سَعِيرًا ﴿١٣﴾ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ
يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا
رَّحِيمًا ﴿١٤﴾ سَيَقُولُ ٱلْمُخَلَّفُونَ إِذَا ٱنطَلَقْتُمْ إِلَىٰ
مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ يُرِيدُونَ أَن يُبَدِّلُوا۟
كَلَٰمَ ٱللَّهِ قُل لَّن تَتَّبِعُونَا كَذَٰلِكُمْ قَالَ ٱللَّهُ مِن قَبْلُ
فَسَيَقُولُونَ بَلْ تَحْسُدُونَنَا بَلْ كَانُوا۟ لَا يَفْقَهُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٥﴾

تۆدا .جا یارەکانی فەرمویان عافیەتو نۆشی گیانت بێت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە حەقیقەت ﷲ ڕۆشنی کردەوە کەچی بۆ تۆ دەکات، ئەی چی بۆ ئێمە دەکات؟ جا ئایەتی ﴿ لِّيُدْخِلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ﴾ ی بۆخوێندنەوە تا گەیشتە ﴿ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾.

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) بێگومان ئێمە سەرکەوتنمان پێدایت بەسەرکەوتنێکی ئاشکرا. عەبدوڵای کوڕی مەسعود دەڵێت: خەڵك سەرکەوتنی مەکە بەو سەرکەوتنە دادەنێن بەڵام ئێمە ئاشتەوایی حودەیبیە بەو سەرکەوتنە دەزانین چونکە لەوێوە سەرکەوتن دەستی پێکرد، بەڵێ پەروەردگاری ئەمەی بۆ کرد

(٢) تا ﷲ لە هەڵەکانی پێشووتو لەو هەڵانەیش کە لەمەودواش توشت دەبێت چاوپۆشی بکاتو خێرو چاکەی خۆییت بۆ تەواو بکاتو ڕێگای ڕاستت پیشان بدات.لەفەرمودەدا هاتوە کە موغەیرە دەڵێ: پێغەمبەری خوا ئەوەندە بەشەو نوێژەوە خەریك دەبو تا هەردوو پێیەکانی ئاوسا بو جا عەرزی کرا کە: ئەی خوا لە کوناحی پێش وپاشت خۆش نەبوە؟ فەرمویۥ{ أَفَلَا أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا /البخاري/ دەی ئیتر نابێ منیش بەندەیەکی سوپاسگوزاربم؟}

(٣) جا تا ﷲیارمەتیت بدات بە یارمەتیدانێکی وا کە ببیت بە خاوەن دەسەڵاتو سەرت بخات بە سەرکەوتنێکی گەورەو شەرافەتمەندانە.

(٤) ﷲ ئەو زاتەیە کە ئارامی خستە ناو دڵی باوەڕدارانەوە تا لەگەل ئەو باوەڕەی کە هەیانە باوەڕیان زیاترو بەهێزتر بکات.وەسەربازەکانی ئاسمانانو زەوی موڵکی ﷲیە، وەﷲ زاناو کار بەجێیەو هەمو بڕیارەکانی پڕ خێروچاکەیە بۆ خەڵك.

(٥) وە تا ئەو سەرکەوتنە بکات بەهۆی ئەوەی کە پیاوانی باوەڕدارو ئافرەتانی باوەڕدار بخاتە ناو باخچەگەلێکەوە کە بەناویدا چەندین جۆگا تێ دەپەڕێت، کەبۆ هەمیشە تێیدانو خراپەکانیان بۆ دادەپۆشێتو هیچ خراپەیەکیان ئاشکرا ناکات وئابڕویان نابات کە ئەوە لەلایەن ﷲ جل جلالە بۆ ئەوان سەرکەوتنو خۆشبەختیەکی گەورەیە.

(٦) جا تا بەو سەرکەوتنە ئاشکرایە پیاوانی دووڕوو و ئافرەتانی دووڕوو وپیاوانی هاوەڵ دانەرو ئافرەتانی هاوەڵ دانەر سزا بدات، ئەوانەی کە گومان دەبەن بە (ﷲ) بە گومانێکی خراپو وادەزانن کە محمدﷺ هەرگیز سەرناکەوێتو ئەو موژدەو دڵخۆشیانەی دەیکات ڕاست دەرناچێت، بێگومان خراپیان بەسەر هاتوەو ڕۆژگاری خراپ هەر بەسەر ئەواندا دەسوڕێتەوەو ﷲ ڕقی هەستاوە لێیانو نەفرینی کردونو دۆزەخی ئامادەکردوە بۆیان، ئەوسا چارەنوسێکی ڕەشو خراپیان هەیە.

(٧) خۆسەربازانی ئاسمانانو زەوی هەرموڵکی خودانو خودایش دەسەڵاتدارو کار بەجێیە.

(٨) بێگومان ئێمە تۆمان ناردوە کە لە ڕۆژی قیامەتدا شایەت بیت لەسەر ئوممەتەکەتو لە دنیادا موژدەی بەهەشت بدەیت بە چاکەکارانیانو خراپەکارانیان بە سزای دۆزەخ بترسێنی،

(٩) تا باوەڕبکەن بە بوونو دەسەڵاتو یەکتای اللهو ڕاستی پێغەمبەرەکەی ﷺ و یارمەتی بدەن و ڕێزی بۆ دابنێنو یادی الله بکەن بە (سبحان الله) بەیانیانو ئێواران.

(١٠) بەڕاستی ئەو کەسانەی کە پەیمانت لەگەڵ دەبەستن ئەوە هەروەکو ئەوە وایە کە پەیمان لەگەڵ اللهدا ببەستن دەستی الله بە بەهێزکردنو خۆگریان لەسەر دەستی ئەواندایە ، جا هەر کەسێك ئەو پەیمانە بشکێنێت، زیانی ئەو پەیمان شکاندنە هەر بۆ خۆیەتیو هەر کەسێکیش ئەو پەیمانە بباتەسەر بەو شێوەی کە لەگەڵ خوادا بەستویەتی بەم زوانە خودا پاداشتی گەورەی پێ دەدات، بەڵێ: ئەو ڕۆژەی کە ئەم پەیمانە بەسترا لەگەڵ پێغەمبەرمان ﷺ یارەکانی هەزارو چوارسەد کەس بوون، هۆی بەستنی ئەم پەیمانە ئەوە بوو کە کاتێك بت پەرستانی مەکە ڕێگایان بە پێغەمبەر ﷺ و یارەکانی گرت لە (حودەیبیە) پێغەمبەری خوا ﷺ عوسمانی کوڕی عەفانی (خەلیفەی سێیەم پاش وەفاتی خۆشەویست) نارد بۆ مەکە بۆ ڕێك کەوتن، عوسمان لە هاتنەوەکەیدا بەهۆی درێژی وتووێژەکەوە دواکەوتو پڕوپاگەندە بڵاوبویەوە کە گوایە عوسمانیان شەهید کردوەو ، پێغەمبەریش ﷺ یارەکانی کۆکردەوەو فەرموی: کێ پەیمانم پێ دەدات لەسەر مردن؟ جا یارەکانی هەمویان هاتنو پەیمانیان پێدا لەژێر درەختێکدا کە لەپاشدا باسی دێت جا پێغەمبەرمان ﷺ فەرموی: ئەی خودایە بێگومان عوسمان لە ئەنجامدانی ئەرکێکی پێویستی اللهو پێغەمبەرەکەیدایە، جا دەستێکی خۆی دا بە دەستەکەی تری لەجیاتی عوسمانداو پەیمانی عوسمانیشی بەوشێوە وەرگرت، ئاشکرایە کە دەستی پێغەمبەر ﷺ بۆ عوسمان باشترە لە دەستی ئەوان بۆ خۆیان، بەڵێ ئەوە پەیمانێك بوو لەسەر مردنو ڕاستیان کرد بۆیە پەروەردگار لەپاشدا شایەتی ڕاستیو باوەڕیان بۆ دەدات.

(١١) ئەو عەرەبە کۆچەریانەی کە دوا کەوتبون لە دەرچون بۆ غەزا لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ و لە ناو ماڵو خێزانی خۆیان دانیشتنو خۆ خەریك کردن بە کارو کۆششو ژیانیان هەڵبژارد بەسەر دەرچوون بۆ عومرە بەم زوانە دەڵێن: سەروەتو سامانو خاو خێزانمان خەریکی کردینو دەستی ئێمەی گرت لە دەرچون بۆ عومرە ،جا تۆ داوای لێ خۆشبونمان بۆ بکە کە ئەمانە بە زمان شتێك دەڵێن کە لەناو دڵیاندا وانیە بەڵکو خۆ بواردنو ترس لە مردنو ئیسراحەت ویستن وای لێکردن کە دەرنەچن، جا بڵێ: ئەگەر (الله) بیەوێت زیانێك یان سودێك بە ئێوە بگەیەنێت چ کەسێك هەیە کە توانای شتێکی هەبێ بۆتان؟ نەخێر وانیە کە ئەوان دەڵێن: الله زۆر لێزانە بەو شتەی کە ئێوە دەیکەنو ناتوانن هیچی لێ بشارنەوەو بە قسەی بێ ناوەڕۆکتان فێڵی لێ ناکرێت.

(١٢) بەڵکو ئێوە واتان گومان دەبرد کە پێغەمبەر ﷺ و باوەڕدارانێك کە لەگەڵی دەرچون هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵو خێزانی خۆیانو هەمویان دەکوژرێنو شەیتان ئەو هەڵوێستە چەپەڵەی بۆ جوان کردنو گومانتان دەبرد بە گومان بردنێکی خراپ کە یان هەمویان دەکوژرێن یان گومانیان دەبرد کە پێغەمبەر ﷺ ڕاست ناکاتو دەیان قسەی پڕوپوچی تر کە ناوبەناو لە قورئاندا قسەکانیان باسکراوە، وەئێوە گەلێکی فەوتاو و لەناوچوون بەهۆی ئەو گومانە خراپانتانەوە.

(١٣) ئەوسا هەر کەسێك باوەڕی بە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ نەهێنابێت ئەوە کافرو خوانەناسەو بێگومان ئێمەیش بۆ خوانەناسان ئاگری بلێسەدارمان ئامادەکردوە.

(١٤) خۆئاسمانانو زەوی هەمویان مولکی اللهی بالآدەستە، کەچاوپۆشی دەکات لەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت ئەگەر باوەڕدار بێتو سزای ئەو کەسەیش دەدات کە ئارەزۆی لێ بێت کە سەرجەم هەموکافرانەو ئەو باوەڕدارانەیشە کە شایستەی چاوپۆشی الله نەبن، جاالله لێبوردەو بێنیهایەت میهرەبانە سەبارەت بە بەندەکانی.

(١٥) ئەو کەسانەی کە بەبۆنەی دنیا پەرستیو ترسان لە مردن دواخران هەرکاتێك ئێوە بڕۆن بۆ ئەوەی دەستکەوتێك وەرگرنەوە لە خوانەناسان بە زووی دەڵێن:لێمان گەڕێن ئێمەیش دێین لەگەڵتاندا دەیانەوێت قسەی الله بگۆڕن کە فەرمویەتی: نەیانبەن لەگەڵ خۆتاندا مادام لەسەرەتاوە خۆیان بواردوە لە هاتنە دەرەوە

قُل لِّلْمُخَلَّفِينَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ سَتُدْعَوْنَ إِلَىٰ قَوْمٍ أُو۟لِى بَأْسٍ شَدِيدٍ
تُقَٰتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ فَإِن تُطِيعُوا۟ يُؤْتِكُمُ ٱللَّهُ أَجْرًا حَسَنًا
وَإِن تَتَوَلَّوْا۟ كَمَا تَوَلَّيْتُم مِّن قَبْلُ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٦﴾ لَّيْسَ
عَلَى ٱلْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْمَرِيضِ حَرَجٌ
وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ
وَمَن يَتَوَلَّ يُعَذِّبْهُ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٧﴾ ۞ لَّقَدْ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنِ
ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِى قُلُوبِهِمْ
فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿١٨﴾ وَمَغَانِمَ
كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٩﴾ وَعَدَكُمُ ٱللَّهُ
مَغَانِمَ كَثِيرَةً تَأْخُذُونَهَا فَعَجَّلَ لَكُمْ هَٰذِهِۦ وَكَفَّ أَيْدِىَ
ٱلنَّاسِ عَنكُمْ وَلِتَكُونَ ءَايَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ وَيَهْدِيَكُمْ صِرَٰطًا
مُّسْتَقِيمًا ﴿٢٠﴾ وَأُخْرَىٰ لَمْ تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهَا قَدْ أَحَاطَ ٱللَّهُ بِهَا
وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرًا ﴿٢١﴾ وَلَوْ قَٰتَلَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
لَوَلَّوُا۟ ٱلْأَدْبَٰرَ ثُمَّ لَا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿٢٢﴾ سُنَّةَ
ٱللَّهِ ٱلَّتِى قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلُ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾

ئێستایش پێیان دەفەرموێ: بلێ هەرگیز لەگەڵ ئێمەدا نایەن، چونکە اللّٰه وای بڕیار داوە لە پێشدا ئەوسا بەزوویی دەڵێن: نەخێر قسەی اللّٰه نیە ، بەڵکو ئێوە ئیرەییمان پێ دەبەن‌و حەز ناکەن ئێمە سودێکمان دەست کەوێت، نەخێر وانیە کە ئەوان دەڵێن، بەڵکو ئەوان هەر کەم تێدەگەن.

﴿١٦﴾ ئەی محمد ﷺ بلێ: بەو عەرەبە کۆچەریانەی کە خۆیان لەو دەرچونە بە پاشدا بەم زوانە بانگ دەکرێن بۆلای گەلێکی جەنگاوەری بەهێز کە یان هەرشەڕیان لەگەڵدا دەکەن یان خۆیان بەدەستەوە دەدەن ، جا ئەگەر پەیڕەویتان کرد لەو فرمانەو بەرەو ئەو گەلە جەنگاوەرە بەهێزە ڕۆیشتن ئەوە اللّٰه پاداشتێکی جوانتان پێ دەدات، ئەگەر دیسانیش پشتتان تێکرد وەکو لە پێشەوە پشتتان ـ لە فرمانی دەرچون بۆ عومرە ـ کرد ئەوە سزاتان دەدات بە سزایەکی پڕ ژان. بەڵێ پەروەردگار لە بڕیارەکانیدا کەسی لەبیر ناچێت‌و تاوانبارو بێ تاوانی لەلا یەکسان نیە ، لێرەدا کەسانێك هەن کە دەرنەچوون بۆ عومرە یان لێرەش ناتوانن بۆ ئەم جەنگەیش دەربچن بەڵام بەهانەی شەرعیان هەیە ئەوانەی لەو سزایە جیاکردۆتەوەو دەرفەرموێ:

﴿١٧﴾ بەراستی تاوان نە لەسەر کوێرو نە لەسەر شەل و نە لەسەر نەخۆش نیە لەسەر بەشدار نەبونیان لە غەزادا چونکە توانایان نیە، ئەوسا هەرکەسێك پەیڕەوی لە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات دەیخاتە ناو باغاتێکەوە کە بەناویدا چەندین جۆگا دەڕوات‌و هەر کەسێکیش پشت بکات لە فرمانی خواو پێغەمبەرکەی ﷺ سزای دەدات بە سزایەکی بەژان.

﴿١٨﴾ بە حەقیقەت اللّٰه لەو باوەڕدارانە ڕازی بوو کە لەژێر دارەکەدا پەیمانیان بە تۆدا کە شەڕ لەگەڵ بت پەرستانی قوڕەیشدا بکەن، جا اللّٰه زانی کە ئەوانە چی لە ناو دڵیاندایە لە ڕاستی‌و ئەنجامدانی پەیمانەکانیان ، ئەوسا ئیتر ئارامیی پێدان‌و هێوری کردنەوە بە سەرکەوتنێکی نزیکیش کە سەرکەوتنی خەیبەر بوو پاداشتی ئەو سەفەرەو ئەو خەمو خەفەتەی دانەوە. جا ئەبوبەکرو عومەر لەو پەیماندانەدا ئامادەبون‌و پێغەمبەر ﷺ دەستی خۆی دانا لەجیاتی عوسمانداودەقی ئەم ئایەتە ڕونترین بەلگەیە لەسەر ڕاستی‌و دروستی ئەو موسڵمانانە بە گشتی‌و ئەو سێ هاوەڵە بەتایبەتی، بەڵام دەست پەروەردەکانی جولەکە بۆتۆڵەسەندنەوە لەئایینی ئیسلام لەماڵی پێغەمبەرﷺ ویارە بەرێزەکانیەوە ـ خوا لە هەمویان ڕازی بێت ـ دەستیان داوەتە دوژمنایەتی کردن‌و بختیان‌و قسەی ناڕەوا وتن بەوان و بەناو دینەوە شەوو ڕۆژ نەفرینیان لێ دەکەن کە بەراستی ئەم کارە ناپەسەندەیان دژایەتی دەقی قورئانەو بێباوەڕبونیانە بەپێغەمبەرﷺ و بەقورئان‌و بە ئاینی ئیسلام.

﴿١٩﴾ جا دەستکەوتانێکی زۆر کە دەستیان دەکەوێت‌و (اللّٰه) دەسەڵاتدارو کار بەجێیەو ئەوسودەچاکەتان پێ دەدات.

﴿٢٠﴾ خۆ اللّٰه بەڵێنی دەستکەوتێکی زۆری پێداون کە دەستتان دەکەوێت ، جا ئەمەتان بۆ پێش دەخات کە خەیبەرەو دەستی خەڵکتان لێ دەگرێت کە دەست درێژی بکەنە سەرتان، تا ئەمەش ببێت بە نیشانەیەکی مەزن بۆ

وَهُوَ ٱلَّذِى كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِنۢ
بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا ﴿٢٤﴾ هُمُ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَٱلْهَدْىَ
مَعْكُوفًا أَن يَبْلُغَ مَحِلَّهُۥ ۚ وَلَوْلَا رِجَالٌ مُّؤْمِنُونَ وَنِسَآءٌ مُّؤْمِنَٰتٌ
لَّمْ تَعْلَمُوهُمْ أَن تَطَـُٔوهُمْ فَتُصِيبَكُم مِّنْهُم مَّعَرَّةٌۢ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۖ
لِّيُدْخِلَ ٱللَّهُ فِى رَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ لَوْ تَزَيَّلُوا۟ لَعَذَّبْنَا ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿٢٥﴾ إِذْ جَعَلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ
عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ ٱلتَّقْوَىٰ
وَكَانُوٓا۟ أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٢٦﴾
لَّقَدْ صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءْيَا بِٱلْحَقِّ ۖ لَتَدْخُلُنَّ ٱلْمَسْجِدَ
ٱلْحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ
لَا تَخَافُونَ ۖ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا۟ فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ
فَتْحًا قَرِيبًا ﴿٢٧﴾ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ
ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿٢٨﴾

باوەڕداران‌و ڕێنماییتان بکات بۆ ڕێگای ڕاست بەهۆی گوێڕایەڵیتان بۆ فرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ.

(٢١) ئەوسا دەستکەوتی تریشتان پێ دەدات کە ئێوە هیچ توانایيەکتان نەبوە بەسەریدا لە حاڵێکدا خوا چواردەوری داوەو خوایش بەسەر هەمو شتێکدا توانای هەیە.

(٢٢) جا ئەوانەی کە خوا نەناسبون ئەگەر شەڕیشیان لەگەڵتان بکردایە، چاك بزانن کە ئەوان پشتیان تێ دەکردو ڕایان دەکرد پاشان هیچ دۆست‌و یارمەتیدەرێکیان دەست ناکەوێت کە لایەنگریان لێ بکات‌و یارمەتیان بدات.

(٢٣) ئەمە باوی خودایە کە سەرئەنجام ستەمکاران لەناو ببات‌و پارێزکاران سەربخات‌و کافرو خوا نەناسانیش تەفروتونا بکات کە باوێکی کۆنەو هەر وابوەو لەمەولاش هەروا دەبێت هەرگیز نابینیت کە ئەم باوەی خوا بگۆڕیت. بەراستی ئەمە موژدەیەکی دڵ فێنك کەرەوەیە بۆ باوەڕداران کە خۆگرو بە ئارام بن لە کارو کۆششی خۆیانداو لە زەبرو زۆری دوژمن نەترسن سەرئەنجام خوا نەناس لەناو دەچێت‌و دەفەوتێت‌و پارێزکار سەرکەوتوو بەهرەمەند دەبێت.

(٢٤) جا ﷲ ئەو زاتەیە کە ئێوەی لە دەستی ئەوان پاراست‌و ئەوانیشی لە دەست ئێوە پاراست‌و نەیهێشت هیچ جەنگ‌و لێکدانێك ڕووبدات لە شیوی مەکەدا پاش ئەوەی کە ئێوەی زاڵکرد بەسەر ئەواندا، دەڵێن: لە کاتی (حودەیبیە)دا حەفتا، یان هەشتا کەس بە چەکەوە لە (تەنعیم) هێرشیان هێنا بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ و موسڵمانان ،بەڵام پێش ئەوەی دەست بکەنەوە دەستگیر کران‌و پاشان ئازادیان کردن، ئینجا ئەم ئایەتە دابەزی‌و پاشان فەرموی: ﷲ جل جلاله، بینەری ئەو کردارانەیە کە ئێوە دەیکەن، بەڵێ ئەوەیە لێبوردنی ئایینی خودا لە خوا نەناسان بەڵام ئەگەر موسڵمانان دەست ئەوان بکەوتنایە چییان پێ دەکردن؟ ئینجا دەفەرموێ:

(٢٥) هەر ئەوان بوون کە لە ئایینی خودا لایانداو ڕێیان بە ئێوە نەدا کە بچنە کەعبەوەو قوربانیەکانیشتان ڕاگیران‌و نەگەیشتنە شوێنی خۆیان کە حەرەمی مەکەیە جانەگەر لەبەر پیاوانی باوەڕدارو ئافرەتانی باوەڕداری ناوشاری مەکە نەبوایە کە نەتان دەناسین‌و پێ پڕنەتان بکردنایە و بەبێ زانیاری دوچاری گوناه بونایە، ماوەمان پێ دەدان بچنە ناو شارەوەو دژیان جەنگ بکەن بەڵام لەبەر ئەو مەبەستە گەورەیە ڕێگامان پێ نەدان بچنە ناو شارەوەو دژیان جەنگ بکەن، تا ﷲ هەر کەسێك ئارەزۆی لێ بێت بیخاتە ناو خێرو چاکەی خۆیەوە. جا ئەگەر ئەوان جیا بوونایەوە لەو خوا نەناسانە بێگومان ئێمە ئەو دین دوژمنانەی ئەوانمان سزا دەدا بە سزایەکی پڕ ئێش‌و ژان.

(٢٦) ئەو کاتەی کە خوانەناسان لەناو دڵیاندا، دەمارگیری هەبو دەمارگیرییەکی نەزانانەو ڕێگای چوونە مەکەیان لە پێغەمبەر ﷺ و یارەکانیان لە (حودەیبیە) گرت، ئەوسا ﷲ ئارامی‌و هێواشی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ وبە باوەڕداران بەخشی‌و وشەی تەقواو پارێزکاری پێویست کرد لەسەریان‌و وای چەساپاندن پێیەو تامردن جیا نەبێتەوە لێیان. هەندێك وشەی تەقواوی بە (لا إله إلاّ الله) مانا کردوە

که له ڕاستیدا کەسێك پارێزكاره که ئەو یەكتا پەرستیەی لەم وشەدایه بەتەواوی لێی حاڵی بوبێتو لەكرداریدا رەنگ بداتەوه نەك ئەوەی که ئەمڕۆ ئێمه بەزمان دەیڵێین بەڵام هەمو هەڵسو كەوتێكمان دژایەتی كردنیەتی، جا بەڕاستی ئەوان شایستەتر بون له هەمو كەس بەو پەرهیزكاریەو گونجاوتر بون بۆیو چاك له مانای (لا إله إلاّ الله) تێگەیشتبون، خۆ خودایش زانیاری بەسەر هەمو شتێكدا هەیەو هیچ شتێك له زانیاری ئەو دەرناچێت.ئەم یاره بەرێزانەی بەشایستەی هەڵگرتنی ئەم پەیامەی زانین بۆیه پێی سپاردن - خوا له هەمویان رازی بێت - ودوژمنانیان بێ نرخو رسوا بكات.

(٢٧) بەڵێ که ئاشتەوایی (حودەیبیه) كراو گەڕانەوەو خەونەكەی پێغەمبەرمان ﷺ ئەوساڵه نەهاتەدی باوەڕداران زۆر دڵتەنگو نارەحەت بوون، ئاشكرایه كەدووڕووەكانیش ئەم هەلەیان وەكو كاتەكانی تر قۆستوەتەوەو له دژی پێغەمبەر ﷺ و ئایینه بەنرخەكەی ئیسلام دەستیان داوەیه پڕوپاگەندەی ژاراوی، خواش بەم ئایەته لەدەمی ئەوانی داوەو باوەڕدارانیشی دڵخۆشكردوه که دەفەرموێ: بەراستی خودا ئەو خەونەی پێغەمبەری ﷺ هێنایەدی، که هێشتا نەبوه ﷻ به ڕابردوو باسی دەكات چونكه ئەوەنده ڕاستەو دێتەدی، وه دەفەرموێ: بێگومان دەچنه مزگەوتی حەرامەوه که بەیته ئەگەر خوا ئارەزۆی لێ بێت (ئەم وشه لێرەدا بۆ بەستنەوه نیه بەڵكو بۆ فێركردنی ئێمەیه له بەكار هێنانی ئەم وشه پیرۆزەداو بۆ پیرۆزی لێرەدا هێنراوه) چونكه ئەو چونه ئەوەنده مسۆگەره پێشەكی به(لام)و پاشان به (نون)ی دووپات كردوەتەوەو داكۆكی لەسەر چوونه ناو مەكه كردوه كەبێ ترس دەبن، جا هەندێكتان سەرتان دەتاشنو هەندێكی ترتان كورتی دەكەنەوه، هەرگیز ناترسن لەو شوێنەدا ، خۆ ئەو زاته شتانێك دەزانێت لەم ئاشتەواییەدا که ئێوه نایزانن جا لەباتی ئەوخەمو نارەحەتیەدا سەركەوتنێكی نزیكی بۆ داناون که سەركەوتنی خەیبەربو، بەڵێ ئەم خەونه له ساڵی حەوتەمی كۆچی(پاش ساڵێك) رێكو راست هاته دی.

مُحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ
تَرَىٰهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا سِيمَاهُمْ
فِى وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ ٱلسُّجُودِ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمَثَلُهُمْ
فِى ٱلْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسْتَغْلَظَ فَٱسْتَوَىٰ
عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعْجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلْكُفَّارَ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًۢا ﴿٢٩﴾

سُورَةُ الحُجُرَاتِ ٤٩ — ١٨

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُقَدِّمُوا۟ بَيْنَ يَدَىِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ
إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَرْفَعُوٓا۟ أَصْوَٰتَكُمْ
فَوْقَ صَوْتِ ٱلنَّبِىِّ وَلَا تَجْهَرُوا۟ لَهُۥ بِٱلْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ
لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَٰلُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴿٢﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
يَغُضُّونَ أَصْوَٰتَهُمْ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱمْتَحَنَ ٱللَّهُ
قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَىٰ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
يُنَادُونَكَ مِن وَرَآءِ ٱلْحُجُرَٰتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٤﴾

(٢٨) هەر ئەو زاتەیه که پێغەمبەری خۆی ﷺ به رێنمونیی كەرو بەئایینی ڕاست ناردوه تا سەری بخات بەسەر تەواوی ئایینو بەرنامەی تردا، وەخوا بەسه که شایەت بێت بۆیان، ئینجا پەروەردگار له وەسفی پێغەمبەر ﷺ و یارەكانی دا دەفەرموێ:

(٢٩) محمدﷺ پێغەمبەری خودایەو ئەو كەسانەی که لەگەڵیدان زۆر توندو تیژن بەرامبەر بەكافرانی دین دشمنو میهرەبانن لەناو خۆیاندا، تۆ دەبینیت که زۆر ركوعو سوجده دەبەنو نوێژی زۆر دەكەنو چاكەو ڕەزامەندی خودایان دەوێت. بەهۆی زۆری سوجده بردنیانەوه، نەرمو نیانیو خۆ بەكەم گرتن له دنیاداو سپێتیو روناكی له قیامتدا بەناو چاوانیانەوه دیاره، ئەمه وێنەی ئەوانه له تەوراتدا، خۆ له ئینجیلیشدا نمونەیان وەكو كشتوكاڵێكه که سەوز بووبێتو جا بەهێزی بوبێت ، ئەوسا ئەستور بووبێتو لەسەر لاسكو بنجی خۆی وەستا بێت که جوتیارەكان له جوانیو شینایی ئەو كاته سەریان لێ سووڕ بمێنێت. وه بەم شێوەیه كافره خوانەناسەكان خەمبارتر دەكات. خودا بەو كەسانەی که باوەڕیان هێناوەو

کرداری چاکیان کردوه بەڵێنی لێبوردنو پاداشتی گەورەی داوە کە بەهەشتی هەتا هەتاییە. ﷻ ئابەم شێوەیە وەسفی یارانی پێغەمبەر خۆشەویستمان ﷺ دەکات. کەخۆی زەرعەکەیەو یارەکانی لقوپۆپەکەیە کە سەرەتا لە کەمیو لاوازیەوە دەستیان پێکرد پاشان زۆربوون پاشان بە جوانترین شێوە بەهێز بونو بوون بەباشترین یارمەتیدەری ئەم ئایینە. جا ﷻ کافرانی پێ داخدار کرد. ئیمامی مالیك ئەم ئایەتەی خوێندەوە جا فەرموێ: هەرکەس لە دڵی دا بەرامبەر بەیەکێك لە یارانی پێغەمبەر رق وکینەیەکی هەبێت بەری ئەم ئایەتەدەکەوێت کە ﷻناحەزانی ئەسحاب بەکافر وەسف دەکات. پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە یارانی دەفەرموێ:{ لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي فَلَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلَا نَصِيفَهُ/ البخاري/ جنێو نەدەن بەیارەکانم ئەوسا سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستە هەر کام لە ئێوە بە ئەندازەی چیای (ئوحد) چاکە بکات هێشتا ناگات بەئەندازەی نیو مشتی ئەو } بەڵام دوژمنانی ئایین کەداخ لە دڵن بۆ یارانی پێغەمبەرمان ﷺ سەبارەت بەو کەڵە پیاوە بەرێزانە قسەی نا ماقوڵ دەکەن لەکاتێکدا کە خوا خۆی شایەتی چاکترین کەسیان بۆ دەدات لەناوئەم ئوممەتەدا ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ ..الاية ﴾ آل عمران: ١١٠.

(٤٩) سورەتی حوجورات (١٨)

سورەتی حوجورات کە سورەتی چلونۆهەمی قورئانە، لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، هەژدە ئایەتە. وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی سەدوهەشتەمەو پاش سورەتی (المجادلة) و پێش (التحريم) دابەزیوە.

بەناوی الله ی زۆر بەسۆز وبێنیهات میهرەبان

(١) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەرﷺ نە بە قسەو نە بە کردار پێش بڕیاری خوداو پێغەمبەرﷺ نەکەونو لە خوا بترسن بێگومان خودا بیسەری هەمو قسەکانتانەو زانەری هەمو کردارو نیەتەکانتانە. لە فەرمودەدا هاتوە کە:{ أَنَّهُ قَدِمَ رَكْبٌ مِنْ بَنِي تَمِيمٍ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ أَمِّرْ الْقَعْقَاعَ بْنَ مَعْبَدِ بْنِ زُرَارَةَ قَالَ عُمَرُ بَلْ أَمِّرْ الْأَقْرَعَ بْنَ حَابِسٍ قَالَ أَبُو بَكْرٍ مَا أَرَدْتَ إِلَّا خِلَافِي قَالَ عُمَرُ مَا أَرَدْتُ خِلَافَكَ فَتَمَارَيَا حَتَّى ارْتَفَعَتْ أَصْوَاتُهُمَا فَنَزَلَ فِي ذَلِكَ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا حَتَّى انْقَضَتْ /البخاري/ وتراوە کە وەفدێکی (بەنی تەمیم) هاتنە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و ئەبوبەکر وتی: قەعقاعی کوڕی مەعبەدی کوڕی زوراره بکە بە سەرپەرشتیان، عومەر وتی: نە با ئەقرەعی کوڕی حاریس بێ، ئەبوبەکر وتی: مەبەستت دژایەتی منە ، ئەویش وتی : نەخێرو جا قسەیان تێکگیرا تا دەنگیان بەرزبویەوە جا لەوبارەوە ﴿ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوەنە بە قسەو نە بە کردار پێش بڕیاری خوداو پێغەمبەرﷺ نەکەون...تاکۆتای ئایەتەکە﴾ دابەزی.

(٢) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا ﷺ بەرز مەکەنەوەو بە دەنگی بەرز وەکو هەندێکتان لەگەڵ هەندێکتاندا قسە دەکەن ئاوا قسە لەگەڵ ئەودا مەکەن ئەوەکو هەمو کردارەکانتان هەڵوەشێتەوەو ئێوە هەستی پێ نەکەن، پوچەڵ کردنو هەڵوەشاندنەوەی کردەوە چاکەکان سزای ئەو کەسەیە کە بەس دەنگی بەسەر دەنگی پێغەمبەردا ﷺ بەرز دەکاتەوە ،جا سزای ئەو کەسە دەبێ چۆن بێت کە بیرو بۆچونی خۆی بە سەر فەرمودەی پێغەمبەردا ﷺ بەرزدەکاتەوە؟ پاشان پەروەردگار ئەو کەسانە وەك ئەبوبەکرو عومەر کە لە پاش هاتنی ئەم ئایەتانەوە دەنگیان لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ زۆر نزم دەکردەوە مەدح دەکاتو دەفەرموێ:

(٣) بێگومان ئەو کەسانەی کە لەلای پێغەمبەری خوادا ﷺ دەنگی خۆیان نزم دەکەنەوە، ئەوانە کەسانێکن کە خوا دڵی ئەوانی تاقیکردوەتەوەو لەخواترسیو پارێزکاری پێ داون، بۆ ئەوان لێبوردنو پاداشتی گەورە هەیە. جا سەبارەت بەو کەسانەیش کە نەزانانە وەکو چۆن لە دەرەوەی هۆدەکانەوە بانگی یەکتریان دەکرد ئاوەها بانگی پێغەمبەریان ﷺ دەکرد دەفەرموێ:

(٤) بێگومان ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی هۆدەکانەوە بانگی پێغەمبەر ﷺ دەکەنو دەڵێن: هۆ محمد، ئەوانە زۆربەیان هەست بە چاكو خراپ ناکەن. لەفەرمودەدا

لەبارەی ئەم ئایەتەوە لە بەرائی کوڕی عازیبە وەهاتوە کەوتویەتی: {فَقَامَ رَجُلٌ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ حَمْدِي زَيْنٌ وَإِنَّ ذَمِّي شَيْنٌ فَقَالَ النَّبِيُّ ذَاكَ اللَّهُ /الترمذي.صححه الالباني/ پیاوێك هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بێگومان سوپاسکردنم بۆخەڵك جوانەو بێ گومان کە لۆمەکردنیشم خراپە. جا پێغەمبەر فەرموی: ئەوە تەنها ئیشی خودایە}

٥ وە ئەگەر ئەوان خۆیان بگرتایە تا پێغەمبەر دەردەچوو بۆ لاویان،ئەوسا قسەیان لەگەل بکردایە بێگومان ئەوە زۆر چاکتربو بۆیان،

بەڵام ئەوان وایان نەکردو نەزانانە بانگی پێغەمبەریان دەکرد،لەگەل ئەوەشدا دوو سیفەتی خۆی باس ئەکات تا هیواداریان بکاتو لەرەحمی ئەو زاتە نائومێد نەبن، دەفەرموێ: لێبوردەیە لە تاوانی بەندەکانیو بێ کۆتا میهرەبانە. جا با واز لەو جۆرە هەڵسوکەوتە نابەجێیانە بهێننو داوای لێبوردن لەپەروردگار میهرەبانەیان بکەن.

٦ ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر فاسقێك هەواڵێکی بۆ هێنان زوو باوەڕی پێ مەکەن بەڵکو هەوڵی ڕۆشن بوونەوەی ئەو هەواڵە بدەن ئەوەك بە هەڵوێستێکی نەزانانە تاقمێك توشی بەڵا بکەن ئەوسا لە سەر ئەو هەڵوێستەی کە بە قسەی ئەو فاسقەتان کردوە پەشیمان ببنەوە.

٧ وە بزانن بێ گومان پێغەمبەری خواتان لەناو دایە، ئەگەر لە زۆر شتێکدا بە گوێی ئێوە بکات بێگومان دووچاری تەنگوچەڵەمەو دەردەسەری دەبن بەڵام خودا باوەڕهێنانی لەلاتان خۆشەویست کردو لە دڵتاندا جوانی کردو کفرو فاسقیو تاوانی لەلاتان ناشرین کرد، جا ئا ئەوانەن شارەزاو تێگەیشتو. جا بەگوێ کردنی پێغەمبەر بۆ ئەو کەڵە پیاوانەی کە پێشەوایانی هەمو ئومەتن لەو سەردەمدا موسڵمانانی دوچاری زەحمەت دەکرد، دەتۆ بڵێی بەگوێ کردنی خەڵکانی ئەمڕۆ وگوێ نەدان بەفەرمودەکانی پێغەمبەری ئازیزمان حاڵمان خۆشتر بێت لەئەمڕۆ؟ زۆرن بەناو ئایینەوە لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا دژی سەدان فەرمودەی پێغەمبەری ئازیزمان بەناو زانینی فقهی واقیعەوە رەفتار دەکەن ؟!

٨ ئەمەش ڕێزگرتنو چاکەیەکە لەلایەن ـەوە کەماوەنادات مرۆڤ بەکەیفی خۆی بەرنامەی ژیان بۆ خۆی دابنێت. وە زۆر زانایە بەو کەسانەی کە شایستەی ڕێنمایی یان گومڕایینو دانایە لە فەرمودەو کردارەکانیداو لە ئەندازەگیریو بەرنامەکەیداو هەموی بەسودی مرۆڤە ئەگەر بە چاکی پەیڕەوی بکات.

٩ وە هەر کاتێك دوو تاقم لە باوەڕداران بەگژیەکدا چوون ئەو کاتە ئێوە ئاشتەوایی لە نێوانیاندا بکەن ئەوسا ئەگەر یەکێکیان

وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّىٰ تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ ۚ وَاللَّهُ غَفُورٌ
رَّحِيمٌ ﴿٥﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا
أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ ﴿٦﴾
وَاعْلَمُوا أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ اللَّهِ ۚ لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِّنَ الْأَمْرِ لَعَنِتُّمْ
وَلَٰكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ
الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ ﴿٧﴾
فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَنِعْمَةً ۚ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٨﴾ وَإِن طَائِفَتَانِ
مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا ۖ فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا
عَلَى الْأُخْرَىٰ فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّىٰ تَفِيءَ إِلَىٰ أَمْرِ اللَّهِ ۚ فَإِن فَاءَتْ
فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا ۖ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ
﴿٩﴾ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ
لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٠﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِّن قَوْمٍ
عَسَىٰ أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِّن نِّسَاءٍ عَسَىٰ أَن يَكُنَّ خَيْرًا
مِّنْهُنَّ ۖ وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ ۖ بِئْسَ الِاسْمُ
الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ ۚ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴿١١﴾

دەست درێژی کردە سەر ئەویتریان ئەو کاتە ئێوەش بەگژ ئەو تاقمەدا بچن کە دەست درێژی دەکەن هەتا دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری و ئامادەی ئاشتەواییو مل کەچی حەق دەبێت، جا ئەگەر مل کەچی فەرمانی بوو ئەوسا ئێوەیش بە دادپەروەرانە لە نێوانیاندا ئاشتەوایی بکەنو دادپەروەر بن بەڕاستی خودا دادپەروەرانی خۆش دەوێت. جا تەماشا بکەن کە چەندەدژی ناکۆکیوشەڕی نێوان باوەڕدارانەو رازی نیە کە ئەوجۆرە رەفتارە لەناوموسڵماناندا درێژەی هەبێتو فەرمانی داوەکە لەگەل درێژە پێدەراندا شەڕبکرێت تا لەو کردارە خراپەی خۆیان دەست هەڵدەگرن،چونکە بەو ناکۆکیو شەڕو هەرایە لاوازدەبنو دوژمن بەسەریاندا زاڵ دەبێت. ئەنەس دەڵێ: { قِيلَ لِلنَّبِيِّ لَوْ أَتَيْتَ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ أُبَيٍّ فَانْطَلَقَ إِلَيْهِ النَّبِيُّ وَرَكِبَ حِمَارًا فَانْطَلَقَ الْمُسْلِمُونَ يَمْشُونَ مَعَهُ وَهِيَ أَرْضٌ سَبِخَةٌ فَلَمَّا أَتَاهُ النَّبِيُّ فَقَالَ إِلَيْكَ عَنِّي وَاللَّهِ لَقَدْ آذَانِي نَتْنُ حِمَارِكَ فَقَالَ رَجُلٌ مِنْ الْأَنْصَارِ مِنْهُمْ وَاللَّهِ لَحِمَارُ رَسُولِ اللَّهِ أَطْيَبُ رِيحًا مِنْكَ فَغَضِبَ لِعَبْدِ اللَّهِ رَجُلٌ مِنْ قَوْمِهِ فَشَتَمَهُ فَغَضِبَ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا أَصْحَابُهُ فَكَانَ بَيْنَهُمَا ضَرْبٌ بِالْجَرِيدِ وَالْأَيْدِي وَالنِّعَالِ فَبَلَغَنَا أَنَّهَا أُنْزِلَتْ وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا /البخاري/ بە پێغەمبەر وترا خۆزگە سەرێکی لای عەبدوڵای کوڕی ئوبەیت بدایە، جا پێغەمبەر سواری گوێدرێژێك بو چو بۆ لایو کۆمەڵێك لە یارانی لەگەڵدا دەڕۆیشتنو زەوییەکی بەردەڵان بو ، جا کاتێ پێغەمبەر هاتە لای وتی: دوربکەوەرۆ لێم

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجْتَنِبُواْ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ
وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن
يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ
رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ
شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ
عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾ ۞ قَالَتِ ٱلْأَعْرَابُ ءَامَنَّاۖ قُل لَّمْ تُؤْمِنُواْ وَلَٰكِن
قُولُوٓاْ أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ ٱلْإِيمَٰنُ فِي قُلُوبِكُمْۖ وَإِن تُطِيعُواْ ٱللَّهَ
وَرَسُولَهُۥ لَا يَلِتْكُم مِّنْ أَعْمَٰلِكُمْ شَيْـًٔاۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤﴾
إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُواْ
وَجَٰهَدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿١٥﴾ قُلْ أَتُعَلِّمُونَ ٱللَّهَ بِدِينِكُمْ وَٱللَّهُ
يَعْلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ
﴿١٦﴾ يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُواْۖ قُل لَّا تَمُنُّواْ عَلَيَّ إِسْلَٰمَكُمۖ بَلِ ٱللَّهُ
يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَىٰكُمْ لِلْإِيمَٰنِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ
يَعْلَمُ غَيْبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۚ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٨﴾

بەخوابۆنی گوێرێژەکەت ئازاری دام ، جا پیاوێك لە وان لەیاریدە دەرەکان وتی: بەخوا گوێرێژی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆنی لەتۆ خۆشترە ، جا پیاوێك لەخزمانی عەبدوڵا لەسەر عەبدوڵا رقی هەستاو قسەی پێ وت، ئینجا بۆ هەریەکێ لەوان یارەکانیان رقیان جوو جا لەنێوانیاندا لێدان بەدارو دەستو نەعل روی دا ، جا ئەوەی کەپێمان گەیشتوە ئەم ئایەتە لەبارەی ئەو دووتاقمەوە دابەزیوە}بزانە کە هۆی دابەزین ئایەت تایبەت ناکات.

(١٠) بێگومان باوەڕداران هەر برای یەکن جا ئاشتەوایی لە نێوان براکانتاندا بکەنو ماوە بە شەیتانو شەیتان سیفەتان مەدەن کە دوورتان بخاتەوە لە یەكو لە خوا بترسن بەڵکو رەحمتان پێ بکات. لە فەرمودەدا هاتوە کە{المُؤمِنُ لِلمؤمِنِ كالبُنيانِ يَشُدُّ بَعضُهُ بَعضاً وَشَبَّكَ بَينَ أصابِعِه/متفق علیه/ باوەڕدار بۆ باوەڕدار وەکو بیناو ساختمانن هەندێکیان هەندێکیتریان بتەو و بەهێزتر دەکاتو دەبن بەهوی بەهێزبونی یەکتر. جا پێغەمبەرﷺ بۆ پیشاندانی چۆن پشتگیری کردن لە یەك پەنجەکانی بە ناویەکدا کرد} وەهەروەها دەفەرموێ:{ ألاَ أُخبِرُكُمْ بِخَيْرٍ مِنْ كَثيرٍ مِنَ الصَّلاةِ وَالصَّدَقةِ قَالُوا بَلَى قَالَ إِصْلَاحُ ذَاتِ الْبَيْنِ وَإِيَّاكُمْ وَالْبِغْضَةَ فَإِنَّهَا هِيَ الْحَالِقَةُ/ابوداود، صححه الألباني/ ئایا ئاگادارتان نەکەمەوە بەشتێك زۆر چاکتر لە نوێژی سونەتو سەدقە، وتمان بەڵی، فەرموی: ئاشتەوای دروستکردن، جا خۆتان بپارێزن لە رقو قین کە بەراستی ئەوە ئیمانەکانتان لەناو دەبات.} تەنانەت پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {لَيسَ الكَذّابُ الذي يُصْلِحُ بَيْنَ النَّاسِ فَيَنمي خَيْراً، أو يَقولُ خَيْراً/ متفق علیه/ بە درۆزن ناژمێردرێت ئەو کەسەی کە ناوبژی بکات لە نێوان خەڵکدا، قسەی چاك بگوازێتەوە یان قسەی چاك بکات کە راست نەبووبێت، بە مەبەستی ئاشتکردنەوە}، جا ﷲ هەندێ لەو هەڵسوکەوتانەمان کە دەبێ بەهۆی بێ هێزبونی برایەتی لە نێوان کومەڵگای ئیسلامیدا دەخاتە پێش چاو تا خۆمانی لێ دور بگرینو دەفەرموێ:

(١١) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە با تاقمێك لەپیاونتان گاڵتە بە تاقمێکی ترتان نەکات، چونکە لەوانەیە ئەو گاڵتە پێکراوانە چاکتر بن لەو گاڵتەکەرانە، وە هیچ ئافرەتێکیش گاڵتە نەکات بە ئافرەتێکی تر نزیکە کە ئەو گاڵتە پێکراوانە چاکتر بن لەو گاڵتەکەرانە.وەبەهیمای چاوو برۆ تانەوتەشەر لەیەك نەدەنو ناوو ناتۆرە بۆ یەکتر دانەنێن، پاش باوەڕهێنان ناوی فاسقی خراپترین ناوە کە دابنرێت بۆ باوەڕدار، یان بەهۆی ئەم ئیشە خراپانەوە باوەڕدار خۆی بکات بە فاسق. ئەوسا هەر کەسێك لەم ئیشە خراپانە پەشیمان نەبێتەوە ئەوە ستەمکارەو خوایش ستەمکارانی خۆش ناوێت.لەفەرمودەدا هاتوە کە ئەبو جەبیرەی کوڕی زەحاك وتویەتی: { فِينَا نَزَلَتْ فِي بَنِي سَلِمَةَ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ قَالَ قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الْمَدِينَةَ وَلَيْسَ مِنَّا رَجُلٌ إِلَّا وَلَهُ اسْمَانِ أَوْ ثَلَاثَةٌ فَكَانَ إِذَا دُعِيَ أَحَدٌ مِنْهُمْ بِاسْمٍ مِنْ تِلْكَ الْأَسْمَاءِ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهُ يَغْضَبُ مِنْ هَذَا قَالَ فَنَزَلَتْ ﴿وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلْأَلْقَٰبِ﴾ الحجرات: ١١ /ابوداود وغيره، صححه الالباني/ سەبارەت بەئێمە لە بەنی سەلیمەئایەتی ﴿وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلْأَلْقَٰبِ﴾ دابەزی وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە مەدینە هیچ کەس نەبو لەئێمە کەدوو ناو یان سێ ناوی نەبێت، جا هەرکاتێ

یەکێك لەوان بەیەکێك لەو ناوانە بانگ بکرایە دەیان وت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەراستی ئەو رقیەتی لەوناوە، وتی: ئەوسا ئایەتی﴿وە ناوو ناتۆرە بۆ یەکتر دانەنێن ﴾دابەزی}

(١٢) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە لە زۆرێك لە گومانەکان خۆتان بپارێزن ، بێگومان هەندێك لە گومان تاوانە چونکە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیە، سیخوڕیو جاسوسی مەکەنو هەندێکتان لە پاش ملە باسی هەندێکتان بەخراپی مەکەن ، ئایا هیچ کەس لە ئێوە پێی خۆشە گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات؟ ئاشکرایە کە قێزتان لێی دەبێتەوە، جا لە ﷲ بترسن بێگومان کەﷲ پەشیمانی وەردەگرێتو میهرەبانە سەبارەت بە بەندەکانی. لەم بارەوە فەرمودە زۆرە لەوانە ئەم فەرمودەیە کە دەفەرموێت:{لا تَقَاطَعُوا، وَلا تَدَابَرُوا، وَلا تَبَاغَضُوا، وَلا تَحَاسَدُوا، وَكُونُوا عِبَادَ اللهِ إخوَاناً، ولا يَحِلُّ لِلمُسلِمِ أن يَهجُرَ أخَاهُ فَوقَ ثَلاثَةِ أيَّامٍ/ ابوداود.صححه الالباني/پەیوەندی خزمایەتی نەبچڕن، پشت لە یەکتر نەکەن ، ڕقتان لە یەکتر نەبێت، ئیرەیی بە یەکتر مەبەن، بەندەی خودا بنو برای یەکتر بن. وە بۆ هیچ موسڵمانێك دروست نیە زیاتر لە سێ ڕۆژ دەنگ لە برای خۆی وەربگرێتو قسەی لەگەڵدا نەکات}
وەئەم فەرمودەیەش کە دەفەرموێ:{ أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ قَالُوا اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ قَالَ ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ قِيلَ أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ قَالَ إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدْ اغْتَبْتَهُ وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ فَقَدْ بَهَتَّهُ /مسلم/ ئایا دەزانن غەیبەت چییە؟ وتیان خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ زاناترن، فەرموی: باسی براکەتە لەپاش ملە بەوەی کە پێی ناخۆشە، بێژرا: ئەی پێت چۆنە ئەگەر لەبراکەمدا بێ ئەوەی کە دەیڵێم؟ فەرموی: ئەگەر تێیدا بێت غەیبەتە ئەگینا بختیانت کردوەودرۆت بۆ هەڵبەستوە}.

(١٣) ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەك دروستکردوەو کردومانن بە چەندین گەلو هۆزەوە بۆ ئەوەی یەکتر بناسنو چاکە لەگەل یەکتردا بکەن بێگومان بەرێزتان لە لای خوا پارێزکارانتانە بێ شك کە خوا زۆر زاناو بەئاگایە. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:{ إنَّ اللهَ لا يَنظُرُ إلَى صُوَرِكُم وَ أموَالِكُم وَلكِن يَنظُرُ إلَى قُلُوبِكُم وَأعمَالِكُم؛/ السلسلة الصحيحة / بێگومان کە خوا سەیری دیمەنو سامانی ئێوە ناکات بەڵام تەماشای دڵتانو کردارەکانتان دەکات}هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ لەرۆژی فەتحی مەکەدا خوتبەی بۆخەڵك خوێندەوەوفەرموی: { يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ اللَّهَ قَدْ أَذْهَبَ عَنْكُمْ عُبِّيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ وَتَعَاظُمَهَا بِآبَائِهَا فَالنَّاسُ رَجُلَانِ بَرٌّ تَقِيٌّ كَرِيمٌ عَلَى اللَّهِ وَفَاجِرٌ شَقِيٌّ هَيِّنٌ عَلَى اللَّهِ وَالنَّاسُ بَنُو آدَمَ وَخَلَقَ اللَّهُ آدَمَ مِنْ تُرَابٍ قَالَ اللَّهُ ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ ... ﴾ /الترمذي.حسنه الالباني/ ئەی خەڵکینە بێگومان ﷲ لوت بەرزی نەفامیو خۆهەڵکێشان بەباوباپیرانی لەناو ئێوەدا لابردوە ،چونکە خەڵك دوو جۆرە،چاکی پارێزکاری بەرێز لەلای خوا، وە تاوانباری خراپی سوك لەلای خوا، خەڵك هەموی کوڕی ئادەمن، وە خوا ئادەمی لە خاك دروستکردوە،خوا دەفەرموێ:﴿ ئەی خەڵکینە بێ گومان ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەك دروستکردوەو کردومانن بە چەندین گەلو هۆزەوە بۆ ئەوەی یەکتر بناسنو چاکە لەگەل یەکتردا بکەن بێگومان بەرێزتان لە لای خوا پارێزکارترتانە بێگومان کە خوا زۆر زاناو بەئاگایە﴾}.

(١٤) عەرەبە دەشتەکییەکان هاتنە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و وتیان: باوەڕمان هێناوە، خوا دەفەرموێ: بڵێ، باوەڕتان نەهێناوە بەڵکو ڕاست وایە بڵێن: خۆمان بەدەستەوە داوە چونکە هێشتا باوەڕی ئیسلامەتی نەچۆتە ناو دڵتانەوە. جا ئەگەر پەیڕەوی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن ﷲ هیچ شتێك لە کارو کۆششە چاکە کانتان کەم ناکاتەوە، بێگومان کە خوا چاوپۆشیکەرە لە تاوانی بەندەکانیو بێنیهایەت میهرەبانە.

(١٥) باوەڕداران هەر ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بە خواو بە پێغەمبەرەکەی ﷺ هێناوە، پاشان نەکەوتوونەتە گومانەوە لە خواو پێغەمبەر ﷺو ئایینەوە، جا بەماڵیانو بە گیانیان لە ڕێگای بەرزکردنەوی ئاڵای ئیسلامدا غەزایان کردوە، هەر ئەمانە ڕاستگۆیانن لە بیروباوەڕو هەڵسوکەوتیاندا.

سُورَةُ قٓ (٥٠) (٤٥)

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قٓ ۚ وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْمَجِيدِ (١) بَلْ عَجِبُوٓا۟ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ
فَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا شَىْءٌ عَجِيبٌ (٢) أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا ۖ ذَٰلِكَ
رَجْعٌۢ بَعِيدٌ (٣) قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ ٱلْأَرْضُ مِنْهُمْ ۖ وَعِندَنَا كِتَٰبٌ
حَفِيظٌۢ (٤) بَلْ كَذَّبُوا۟ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ فَهُمْ فِىٓ أَمْرٍ مَّرِيجٍ
(٥) أَفَلَمْ يَنظُرُوٓا۟ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَٰهَا وَزَيَّنَّٰهَا
وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ (٦) وَٱلْأَرْضَ مَدَدْنَٰهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَٰسِىَ
وَأَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍۭ بَهِيجٍ (٧) تَبْصِرَةً وَذِكْرَىٰ لِكُلِّ عَبْدٍ
مُّنِيبٍ (٨) وَنَزَّلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً مُّبَٰرَكًا فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ جَنَّٰتٍ
وَحَبَّ ٱلْحَصِيدِ (٩) وَٱلنَّخْلَ بَاسِقَٰتٍ لَّهَا طَلْعٌ نَّضِيدٌ (١٠)
رِّزْقًا لِّلْعِبَادِ ۖ وَأَحْيَيْنَا بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا ۚ كَذَٰلِكَ ٱلْخُرُوجُ (١١) كَذَّبَتْ
قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَأَصْحَٰبُ ٱلرَّسِّ وَثَمُودُ (١٢) وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ وَإِخْوَٰنُ
لُوطٍ (١٣) وَأَصْحَٰبُ ٱلْأَيْكَةِ وَقَوْمُ تُبَّعٍ ۚ كُلٌّ كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ فَحَقَّ وَعِيدِ
(١٤) أَفَعَيِينَا بِٱلْخَلْقِ ٱلْأَوَّلِ ۚ بَلْ هُمْ فِى لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ (١٥)

(١٦) بلێ: ئایا دەتانەوێت بە ئەم قسەیە خوا لەو ئایینەی کە هەتانە ئاگادار بکەنەوە لە حاڵێکدا کە خوا بەوەی کە لەناو ئاسمانانو لەناو زەویدا هەیە دەزانێت؟ وە خوا زانایە بە هەموو شتێك کە ئێوە دەیڵێنو دەیکەن.

(١٧) ئەوان منەت بەسەر تۆدا دەکەن کە موسڵمان بوون ، بڵێ: منەت مەخەنە سەر من بە موسڵمان بوونتان بەڵکو ئەگەر راستگۆبنو راستبن لەبیروباوەڕەکانتاندا هەر خوایە منەت دەخاتە سەر ئێوە کە ڕێگای باوەڕهێنانی پیشانداون.

(١٨) بێگومان اللّٰه نهێنی ئاسمانانو زەوی دەزانێت، وەاللّٰه بینەری ئەو کارانەیە کە ئێوە دەیکەن.

سورەتی قاف (٥٠) (٤٥)

سورەتی قاف کە بە سورەتی (الباسقات)یش ناوبراوە، پەنجاهەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتووتە خوارەوە جگە لە ئایەتی ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ (٣٨) ﴾ ، وەچلو پێنج ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی سیوچوارهەمەو پاش سورەتی (المرسلات) و پێش (البلد) دابەزیوە. پێغەمبەر ﷺ لە نوێژی جەژندا (قاف)و (اقتربت)ی دەخوێندەوەو هەروەها بەردەوام لە وتاری جومعەدا سورەتی قافی دەخوێند.

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) قاف، هەر اللّٰه مەبەستی ئەم پیتانە دەزانێت، سوێند بەم قورئانە بەشکۆو بەڕێزە

(٢) نەك هەر باوەڕیان بەم قورئانە نەکرد بەڵکو لەوەی کە ترسێنەرێك لە خۆیان هاتووەتە لایان سەریان سوڕمابوو، جا خوانەناسان وتیان: ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەرە.

(٣) ئایا کاتێك کە مردینو بووین بە خاك سەرلەنوێ زیندو دەکرێینەوە، ئەمە گەڕاندنەوەیەکی دوورلە راستیولە عەقڵەو ناگونجێت؟! جا پەروەردگاریش دەفەرموێت: بۆچی پێتان دوورە ئەو گەڕانەوە، وا دەزانن کە وردو هەپرون هەپرون بوون نازانین چەندێکنو چیتان لێهاتووەو ئەو ڕێزاڵانە لەکوێن؟

(٤) بەراستی ئێمە زانیومانە کە زەوی چەندێك لەوان کەم دەکاتەوەو چۆن پاش مردنیش لاشەیان دەڕزێنێت، خۆ پەڕاوی چاودێریکەرمان لە هەموو ئەندامەکانی ئەوانمان لەلایەو هەمووی تێدا تۆمارکراوە چەندەو لەکوێیەو هیچی لای ئێمە شاراوەو بزر نیە.

(٥) بەڵکو ئەوان لەکاتێکدا کە ئەم پەڕاوە ڕاستەیان هاتە لا باوەڕیان پێ نەکرد، جا ئەوان لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا بوون، هەردەمەو بە شتێك ناویان دەبرد، جارێك جادووگەرو جادوو، جارێکی تر شاعیرو شیعرو هەندێ جاری تریش فاڵچیو فالگرتنەوە، ئەوسا پەروەردگار دەفەرموێ:

(٦) ئایا ئەوانە بۆ ئەو ئاسمانەی کە لە سەریانەوەیە ناڕوانن‌و لێی ورد نەبونەتەوە کە چۆنمان دروستکردووەو چۆنمان ڕازاندوەتەوە لەحاڵێکدا کە هیچ کونو کەلێنێکی تێدا نیە؟ تا پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرن.

(٧) جا ئایا تەماشای زەوی ناکەن کە چۆنمان ڕاخستوەو چیای بتەومان کوتاوە بە ناویدا کە رای بگرێتو لە هەمو دارو درەختو گوڵو گیایەکی جووتو جوانمان تێدا سەوزکردوە؟

(٨) تا چاوی دڵ ڕۆشن بکاتەوەو ببێت بە ئامۆژگاریکەرو پەند لێ وەرگرتن بۆ هەمو بەندەیەك کە بیەوێت بۆ لای پەروەردگاری بگەڕێتەوە.

(٩) ئەوسا لە ئاسمانەوە ئاوێکی بە پیتمان ناردە خوارەوە، جا بەو ئاوە باغاتێکی زۆرمان تێدا ڕواندو ئەو دانەوێڵەش کە درەو دەکرێت.

(١٠) جا دارخورمای بەرز یش بە هێشووی لەسەریەك کۆکراوە.

(١١) ئەمانە هەمویان ڕۆزیەکی فرەوانن بۆ بەندەکانو بەو ئاوەش چەندین وڵاتی وشكو بێ ئاومان بە ئاوو گژوگیا زیندوکردەوە (ئەمانە چۆن دەبینن بە چاوی خۆتان بەدڵنیاییەوە) هەر ئاوەهاش دەرچوون لە گۆڕەکانو زیندوبوونەوەی بەندەکان بۆ حیساب ڕوودەدات.

(١٢) لەپێش ئەواندا گەلی نوحو یارەکانی بیرەکەو سەمود باوەڕیان نەکرد بە پێغەمبەرەکەیان.

(١٣) جا عادو فیرعەونو برایانی لوتیش.

(١٤) جاگەلی شوعەیبو گەلی توببەعیش ئەمانە هەر هەمویان باوەڕیان نەکرد بە پێغەمبەرەکان، جا ئیتر هەڕەشەی ئێمەش سەری گرت بۆیان. جا هەریەکەیان وەکو لە شوێنانی تری قورئاندا باسکراوە بە جۆرێك سزادران لە دنیاداو سزای پاشەڕۆژیش هەر خوا خۆی لە چەندو چۆنی دەزانێت. جا ئەوەی کە پێغەمبەرێك بەدرۆ بخاتەوەو باوەڕی پێ نەکات وەك ئەوە وایە کە هەمو پێغەمبەرێکی بە درۆخستبێتەوە، وەك چۆنﷲ لەبارەی گەلی نوح دەفەرموێ: ﴿ كَذَّبَتۡ قَوۡمُ نُوحٍ ٱلۡمُرۡسَلِينَ /الشعراء: ١٠٥/ واتە گەلی نوح هەمو پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستەوە ﴾ ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەوان تەنها یەك پێغەمبەریان بۆهاتوە کە نوح بو.

وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ وَنَعۡلَمُ مَا تُوَسۡوِسُ بِهِۦ نَفۡسُهُۥۖ وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ إِلَيۡهِ
مِنۡ حَبۡلِ ٱلۡوَرِيدِ (١٦) إِذۡ يَتَلَقَّى ٱلۡمُتَلَقِّيَانِ عَنِ ٱلۡيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ قَعِيدٞ
(١٧) مَّا يَلۡفِظُ مِن قَوۡلٍ إِلَّا لَدَيۡهِ رَقِيبٌ عَتِيدٞ (١٨) وَجَآءَتۡ سَكۡرَةُ
ٱلۡمَوۡتِ بِٱلۡحَقِّۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنۡهُ تَحِيدُ (١٩) وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِۚ ذَٰلِكَ
يَوۡمُ ٱلۡوَعِيدِ (٢٠) وَجَآءَتۡ كُلُّ نَفۡسٖ مَّعَهَا سَآئِقٞ وَشَهِيدٞ (٢١) لَّقَدۡ
كُنتَ فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا فَكَشَفۡنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلۡيَوۡمَ حَدِيدٞ
(٢٢) وَقَالَ قَرِينُهُۥ هَٰذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ (٢٣) أَلۡقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ
عَنِيدٖ (٢٤) مَّنَّاعٖ لِّلۡخَيۡرِ مُعۡتَدٖ مُّرِيبٍ (٢٥) ٱلَّذِي جَعَلَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا
ءَاخَرَ فَأَلۡقِيَاهُ فِي ٱلۡعَذَابِ ٱلشَّدِيدِ (٢٦) ۞ قَالَ قَرِينُهُۥ رَبَّنَا مَآ أَطۡغَيۡتُهُۥ
وَلَٰكِن كَانَ فِي ضَلَٰلِۭ بَعِيدٖ (٢٧) قَالَ لَا تَخۡتَصِمُواْ لَدَيَّ وَقَدۡ قَدَّمۡتُ
إِلَيۡكُم بِٱلۡوَعِيدِ (٢٨) مَا يُبَدَّلُ ٱلۡقَوۡلُ لَدَيَّ وَمَآ أَنَا۠ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ (٢٩)
يَوۡمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ ٱمۡتَلَأۡتِ وَتَقُولُ هَلۡ مِن مَّزِيدٖ (٣٠) وَأُزۡلِفَتِ
ٱلۡجَنَّةُ لِلۡمُتَّقِينَ غَيۡرَ بَعِيدٍ (٣١) هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٖ
(٣٢) مَّنۡ خَشِيَ ٱلرَّحۡمَٰنَ بِٱلۡغَيۡبِ وَجَآءَ بِقَلۡبٖ مُّنِيبٍ (٣٣) ٱدۡخُلُوهَا
بِسَلَٰمٖۖ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡخُلُودِ (٣٤) لَهُم مَّا يَشَآءُونَ فِيهَا وَلَدَيۡنَا مَزِيدٞ (٣٥)

(١٥) ئایا ئێمە لە دروستکردنی سەرەتا کە یەکەم جار ئەوانمان دروستکردماندوو ببوینو گرفتمان هاتە رێ؟ نەخێر نەك ماندو نەبووین، بەڵکو ئێوە بەچاوی خۆتان دەبینن کە بەردەوام ئەو هەمو بونەوەرو نیعمەتانە دروست دەکەین، بەڵی ئەوان لەمەدا گومانیان نیە بەڵکو ئەوان لە دروستکردنی تازەو دووبارە لە گوماندا، دەی ئایا ئەمە جگە لە گێلی شتێکی ترە؟! چونکە دووبارە دروستکردن زۆر ئاسانترە لەدروستکردنی لەسەرەتادا، لە فەرمودەیەکی قودسیدا پەروەردگار دەفەرموێ: {كَذَّبَنِي ابْنُ آدَمَ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ ذَلِكَ وَشَتَمَنِي وَلَمْ يَكُنْ لَهُ ذَلِكَ فَأَمَّا تَكْذِيبُهُ إِيَّايَ فَقَوْلُهُ لَنْ يُعِيدَنِي كَمَا بَدَأَنِي وَلَيْسَ أَوَّلُ الْخَلْقِ بِأَهْوَنَ عَلَيَّ مِنْ إِعَادَتِهِ /البخاري/ ئادەمیزاد من بەدرۆم دەخاتەوە کە ئەوە بۆ ئەو رەوانیە وە جنێوم پێدەدات لەحاڵێکدا ئەوە بۆ ئەو نیە، جا ئەوەی کە من بەدرۆ دەخاتەوە ئەوەیە کە دەڵێت: هەرگیز نامگەرێنێتەوە هەرچونێك لەسەرەتادا دروستیکردم لەحاڵیکدا دروستکردنی یەکەم جارم لا ئاسانترە لە هێنانەوەی سەرلەنوێ }

(١٦) جا بەراستی ئێمە مرۆڤمان دروستکردووەو دەزانین بەو خەیاڵانەشی کە بە دڵو دەرونی دا دێت، ئێمە لە شادەماری دڵی نزیکترین لەو، ئەگەر مرۆڤ بە مردن لەشی هیچی بەسەر هیچەوە نامێنێت، بەڵام پاش ئەویش هەمو ڕێزاڵەکانی لەژێر چاودێری اللّٰه دایە فریشتەی چاودێریکەری لەسەر داناوەو لەکاتی زیندوکردنەوەیدا بە چاو تروکانێك دەیهێنینەوەو زیندو دەبێتەوە، جا شادەماری دڵ لەکوێو زانیاریو سەربازانی خوا لەسەر ئەو بەندە لەکوێ؟!

(١٧) ئەو کاتەی کە دوو فریشتەکان گەیشتنە یەك لەسەر شانی ڕاستو چەپی دانیشتن بۆ تۆمارکردنی کردارو گوفتارەکانی،

(١٨) جا هیچ قسەیەك بە دەمیدا نایەت مەگەر فریشتەی چاودێرو ئامادە لەلای بنو تۆماری بکەن.

(١٩) جا بێهۆشی وئازارەکانی سەرەمەرگ هێنای ئەو حەقیقەتو ڕاستیە کە مردنە، جا لەو کاتەی سەرەمەرگدا پێی دەوترێت: ئەوە ئەو شتەیە کە تۆ ناتوانیت خۆتی لێ دووربخەیتەوە یان ئەوەیە کە ڕات دەکرد کەپێت نەگات، کەواتە مردن حەقیقەتێکە کە ئێمە ئەگەرچی لێی رادەکەین، بەڵام لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا پێمان دەگات، پرسیار کرا لە پێغەمبەری خواﷺ کە کام باوەڕدار لە هەمو کەس ژیرو عاقڵترە؟ فەرمویی: {أَكْثَرُهُمْ لِلْمَوْتِ ذِكْرًا وَأَحْسَنُهُمْ لِمَا بَعْدَهُ اسْتِعْدَادًا أُولَئِكَ الأَكْيَاسُ/ابن ماجه، حسنه الألباني/ ئەوەیان کە زۆرتر یادی مردن دەکاتەوەو باشتر لە هەمویان خۆی بۆ دوای مردن ئامادە دەکات ئائەوانەن عاقڵترین}

(٢٠) جا فووکرا بە کەلەشاخدا کە ئەوە ڕۆژی ئەو هەڕەشەیە کە چەندین جار دووپات بووەتەوە، کە قیامەتو باقی بەسەرهاتەکانی تری تێدا دێتەجێ کە پەروەردگار بەڵێنی پێداوە کە دەیهێنێتو تۆڵە لە بێباوەڕان دەسێنێت، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {كَيْفَ أَنْعَمُ وَصَاحِبُ الْقَرْنِ قَدْ الْتَقَمَ الْقَرْنَ وَاسْتَمَعَ الإِذْنَ مَتَى يُؤْمَرُ بِالنَّفْخِ فَيَنْفُخُ فَكَأَنَّ ذَلِكَ ثَقُلَ عَلَى أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ لَهُمْ قُولُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا /الترمذي، صححه الألباني/ چۆن لەزەت لە ژیان بەرم لەحاڵێکدا ئەو فریشتەیە کە کەڵەشاخی بەدەستە دەمی پێوەناوەو گوێی ڕاگرتوە بۆ ئەوەی کە ئیجازەی پێ بدرێت، جا کەی فرمانی پێکرا کە فووی کات ئەوسا فووی دەکات، جا وادەرکەوت کە ئەم فەرمایشەی پێغەمبەرﷺ لەسەر یارانی قورس بو، جا بۆیە پێی فەرمون: بڵێن، بەسە بۆ ئێمە اللّٰه کە باشترین پارێزەرەو هەر پشت بەاللّٰه ش دەبەستین}

(٢١) ئەوسا هەر کەسێك کە دێت پاڵ نەرێك پاڵی دەداتو شایەتێکی لەگەڵدایە.

(٢٢) جا پێی دەڵێن: بە حەقیقەت تۆ لەمە بێ ئاگابویت، ئەوسا ئێمە ئەو پەردەی کە بەسەر چاوتەوەیە لای دەبەین ئینجا چاوی تۆ هەروەکو ئاسن بۆ هەر لایەکی بگێڕیت دەیبینیتو هیچ شتێك نابێت بە بەرپەرچ لە ڕێگایدا.

(٢٣) جا فریشتەی هاوڕێو چاودێری وتی: ئەمە هەم خۆیو هەم کردارە تۆمارکراوەکانی کە لەلای من ئامادەیە.

(٢٤) ئینجا بە مالیکی بەرپرسی ئاگر دەوترێت: دەی فڕێیدەن، فڕێدەنە ناو دۆزەخ هەمو سپڵەو خوانەناسێکی سەرکەش.

(٢٥) بەرگریکەر لە چاکەو دەستدرێژیکەر لە سەر ماف پەروەردگارو پێشێل کەری مافی خەڵکە، ئەوەی کە خۆی بە گومانە لە پاشەڕۆژ و خەڵکیشی دەخستە گومانەوە.

(٢٦) ئەو کەسەی کە لەگەڵاللّٰه شتانێکی تری پەرستوە، ئەوسا دەی فڕێی بدەن، فڕێی بدەن بۆ ناو سزایەکی توند. پێغەمبەری خواﷺ فەرموێ:{ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَخْرُجُ عُنُقٌ مِنْ النَّارِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَهُ عَيْنَانِ يُبْصِرُ بِهِمَا وَأُذُنَانِ يَسْمَعُ بِهِمَا وَلِسَانٌ يَنْطِقُ بِهِ فَيَقُولُ إِنِّي وُكِّلْتُ بِثَلَاثَةٍ بِكُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ وَبِكُلِّ مَنْ ادَّعَى مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَالْمُصَوِّرِينَ/احمد، صححه الألباني/ پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: لەرۆژی قیامەتدا گەردنێك لەئاگر بەرز دەبێتەوە کەدووچاوی هەیە پێیان دەبینێو دووگوێی هەیە پێیان دەبیسێوزمانێکی قسەی پێدەکات جا دەڵێ من سزای سێ کەسم دراوەتە دەست، هەمو ملهوڕێکی سەر کەشو هەمو کەسێ کەبڵێ لەگەڵ خوادا پەرستراوێکی

تر هەیەو هەمو وێنەگران}. ئەم ڕوداوانە هەموویان بەشێوەی ڕابردوو هاتوون، بەڵام هێشتا ڕووینەداوە مەبەست ئەوەیە: کە هەواڵەکانی قورئان بۆ ئاییندە ئەوەندە ڕاستە هەروەکو ئەوە وایە کە ڕووی دابێت ئێمەش هەتا ئێرە بە شێوەی ڕابردوو مانامان کردن. چاك وردببنەوەو بزانن هەموو هەواڵەکانی ناو قورئان‌و فەرمودەکانی پێغەمبەرمان ﷺ هەروەکو ڕابروو چۆن هیچ گومانی تێدا نەماوە ئاوەها هیچ گومانێك لە ڕوودانی ئەوانیشدا نیە. جا خوانەناسان دەڵێن: ئێمە هاوڕێکەمان سەری لێ تێکداین کە شەیتانەو ڕێگای ڕاستی لێ ون کردین.

(٢٧) هاوڕێکەیشیان دەڵێت: ئەی پەروەردگاری هەمومان من سەرم لەو نەشێواندوە بەڵام ئەو خۆی لەوپەڕی گومڕییدا بووە، جا پەروەردگاریش دەمکوتی دەکات‌و

(٢٨) دەفەرموێت: لێرە هیچ دەمەقەڵەیەك لەلای من سوودی نیەو بە ڕاستی لە دنیادا هەڕەشەی ئەم سزایەم پێ گەیاندن‌و پێم وتن: ئەگەر باوەڕ نەهێنن ڕووبەڕووی ڕۆژگارێکی ئاوا سەخت‌و دژوار دەبن،

(٢٩) تازە ئەو قسەم ناگۆڕم‌و من هیچ ستەمێك لە هیچ بەندەیەکم ناکەم. وشەی (ظَلاَّم) بە واتای (الظالم) واتە ستەمکار دێت بۆ مبالغە نیە وردبەرەوەوەك (تمار، نجار)وایە.

(٣٠) ئەو ڕۆژە بە دۆزەخ دەڵێین: ئایا پڕ بوویت؟ دەڵێت: ئایا زیاتریش هەیە؟ واتە: هەمو دۆزەخیان دەخرێنە ناو دۆزەخەوە هێشتا دۆزەخ پڕ نابێت، لە فەرموودەدا کە ئیمامی أحمدو ئیمامی مسلم هێناویانە هاتوە لە ئەنەسەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:{لاتَزَالُ جَهَنَّمُ يُلقَى فِيهَا وَتَقُولُ: هَل مِن مَزِيد؟ حَتَّى يَضَعُ رَبُّ العِزَّةِ فِيها قَدَمَهُ فَيَنزَوِى بَعضُها إلى بَعضٍ وَتَقولُ: قَط، قَط، وَعِزَّتِك وَكَرَمِكَ. وَلا يَزَالُ في الجَنَّةِ فَضلٌ حَتَّى يُنشِئَ اللهُ لَها خَلقاً اخَرَ فَيُسكِنُهُم في فُضولِ الجَنَّةِ/متفق عليه/ دۆزەخ هەر لەبەرەوە خراپەکارانی تێ دەکرێت‌و ئەو هەر دەڵێت هەر ماوە؟ تا خراپەکار نامێنێت‌و دۆزەخ هێشتا پڕ نەبوە ئینجا پەروەردگاری دەسەڵاتدار پێی خۆی بەو شێوەیەی کە شایستەی ئەو زاتەیە دەخاتە ناویەوە، ئەوسا هەندێکی دەخاتە ناو هەندێکیەوەو دۆزەخ هاواری لێ بەرزدەبێتەوەو دەڵێت: بەس، بەس، بەڵام بەهەشت پاش ئەوەی کە هەمو بەهەشتیان چونە ناو بەهەشتەوە جێگای خاڵی دەمێنێت تا خوا دروستکراوێکی تر دروست دەکات، ئینجا لەو شوێنە خاڵیەی بەهەشتدا دایان دەنێت.

(٣١) ئەوسا بەهەشتیش لە پارێزکارانەوە نزیك خراوەتەوەو دوور نیە، پێیان دەوترێت:

(٣٢) ئەمە ئەو بەڵێنە چاکە بوو کە بەڵێنمان دابوو بە هەمو بەندەیەکی ڕوو لەخواو خۆپارێز لە خراپەو تاوان‌و سەرپێچی لە فرمانی خودا، ئەوانە کێن؟

(٣٣) ئەو کەسەی کە لە پەنامەکیدا لە ڕەحمان دەترسێت‌و بە دڵێکی پاکەوە هاتووەتە لامان.

(٣٤) پێیان دەوترێت بێ ترس‌و هێمنانە بە سڵاوو ڕێزی پەروەردگارو فریشتەکان بچنە ناو بەهەشتەوە، ئەوە ڕۆژی نەمری‌و نەبڕاوەیی نیعمەتەکانەو بۆ هەمیشە سەقامیگر بون لە ناو بەهەشتدایە.

(٣٥) ئەوەی کە ئارەزۆوی بکەن لەناویدا هەر بۆ ئەوانەو شتی زیاتریشمان لایە.

لەوانە دەعوەتی پەروەردگارە بۆ بینینی خۆی کە لە هەمو خۆشیەکانی بەهەشت خۆشترە کە لە هەمو شەوێکی جومعەدا لەو ماڵە بەرزو بەڕێزەدا بەدیداری شاد دەبن پێغەمبەرمان فەرمویەتی: {إِذَا دَخَلَ أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ قَالَ يَقُولُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى تُرِيدُونَ شَيْئًا أَزِيدُكُمْ فَيَقُولُونَ أَلَمْ تُبَيِّضْ وُجُوهَنَا أَلَمْ تُدْخِلْنَا الْجَنَّةَ وَتُنَجِّنَا مِنْ النَّارِ قَالَ فَيَكْشِفُ الْحِجَابَ فَمَا أُعْطُوا شَيْئًا أَحَبَّ إِلَيْهِمْ مِنْ النَّظَرِ إِلَى رَبِّهِمْ عَزَّ وَجَلَّ/مسلم وغيره/ کاتێك بەهەشتیەکان دەچنە ناو بەهەشتەوە وتی پەروەردگار دەفەرموێت: ئایا شتێکتان دەوێت بۆتان زیاد بکەم، جا دەڵێن: ئایا دەمو چاوت سپی‌و ڕۆشن نەکردین ئایا ئێمەت نەخستە ناو بەهەشتەوەو لە ئاگار رزگارت نەکردین، وتی: جا پەروەردگار حیجاب لادەبات ئەوسا هیچ شتێکی خۆشتر لە تەماشاکردنی پەروەردگاریان پێنەدراوە}

وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَشَدُّ مِنْهُم بَطْشًا فَنَقَّبُوا فِي
الْبِلَادِ هَلْ مِن مَّحِيصٍ ﴿٣٦﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ
لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ ﴿٣٧﴾ وَلَقَدْ خَلَقْنَا
السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا
مِن لُّغُوبٍ ﴿٣٨﴾ فَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ
قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ ﴿٣٩﴾ وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ
وَأَدْبَارَ السُّجُودِ ﴿٤٠﴾ وَاسْتَمِعْ يَوْمَ يُنَادِ الْمُنَادِ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ
﴿٤١﴾ يَوْمَ يَسْمَعُونَ الصَّيْحَةَ بِالْحَقِّ ذَٰلِكَ يَوْمُ الْخُرُوجِ ﴿٤٢﴾ إِنَّا
نَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَإِلَيْنَا الْمَصِيرُ ﴿٤٣﴾ يَوْمَ تَشَقَّقُ الْأَرْضُ
عَنْهُمْ سِرَاعًا ذَٰلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ ﴿٤٤﴾ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ
وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِجَبَّارٍ فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَن يَخَافُ وَعِيدِ ﴿٤٥﴾

(٥١) سورەتی زاریات (٦٠)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَالذَّارِيَاتِ ذَرْوًا ﴿١﴾ فَالْحَامِلَاتِ وِقْرًا ﴿٢﴾ فَالْجَارِيَاتِ يُسْرًا ﴿٣﴾
فَالْمُقَسِّمَاتِ أَمْرًا ﴿٤﴾ إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَصَادِقٌ ﴿٥﴾ وَإِنَّ الدِّينَ لَوَاقِعٌ ﴿٦﴾

(٣٦) زۆر خەڵكو وڵاتمان لە پێش ئەواندا كە لەوان بەهێزترو لێدەرتر بوون لەناوبردوە، جا برۆن بە وڵاتاندا بگەڕێنو بزانن هیچ پەناگەو دەرەتانێكیان بۆ پەیدابوە. ئیتر ئێوە بۆ بیرناكەنەوە؟

(٣٧) بێگومان لەم باسەدا پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ ئەو كەسەی كە دڵێكی وریای هەبێت یان بەباشی گوێی لێ بێتو دڵی لەلای بێت. جولەكە دەیان وت: خودا ئاسمانانو زەوی لە شەش ڕۆژدا دروستكردوە پاشان لە ڕۆژی حەوتەمدا كە ڕۆژی شەممەیە حەساوەتەوە، جا پەروەردگار بۆ بەدرۆ خستنەوەیان ئەم ئایەتەی ناردو دەفەرموێ:

(٣٨) بە ڕاستی ئێمە ئاسمانانو زەویو ئەوەی كە لەنێوانیاندایە لە شەش ڕۆژدا دروستمان كردوونو هیچ ماندویش نەبوین تا پێویستمان بە حەسانەوەو پشوودان بێت.

(٣٩) جا تۆ خۆت بگرە لەسەر ئەو قسە ناشیرینانەی كە دەیڵێنو پاكو بێ عەیبی پەروەردگاری خۆت بڵێ لەگەڵ سوپاسكردنیدا پێش خۆرهەڵهاتنو پاش ئاوابوون.

(٤٠) جا بەشێكیش لە شەو دیسان پاكیو بێ عەیبی ئەو بڵێو پاش نوێژەكانیش هەر یادی پەروەردگارت بكە، وتراوە مەبەست پێنج فەرزەیە لەگەڵ سوننەتەكانیاندا جا ئەو زیكرانەی كە دەكرێت لە نوێژدا هەر تەسبیحاتو سوپاس و ستایشی خودایە.

(٤١) ئەو ڕۆژەی كە بانگ كەرێك لە جێگایەكی نزیكەوە بانگ دەكات گوێی بۆ بگرە.

(٤٢) ئەو ڕۆژەی كە نەعرەتە ڕاستەكە دەبیستن، كە بانگ دەكرێت ئەی ئێسكو پروسكە ڕزیوەكان، ئەی جومگە پارچە پارچە بووەكان، بێگومان كە خودا فرمان دەدات كە ڕاست ببنەوەو یەك بگرن بۆ جیاكردنەوەی بڕیارەكانو وەرگرتنەوەی تۆڵەی كارو كۆششەكانتان چاكە بە چاكەو خراپەیش بە سزاو ئەشكەنجە، جا ئەو ڕۆژەیە ڕۆژی هاتنەدەر لە گۆڕەكانو زیندوبونەوەی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر بۆ حیساب.

(٤٣) بێگومان كە ئێمەین زیندو دەكەینەوەو دەمرێنینو هەر بۆ لای ئێمەیشە گەڕانەوە.

(٤٤) ئەو ڕۆژەی كە زەوی لەسەریان لەت دەبێتو ئەوان زیندو دەكرێنەوە كە ئەوەش كۆكردنەوەیەكی ئاسانە لەلای ئێمە. پێغەمبەر دەفەرموێ: {كُلُّ ابنِ آدَمَ تَأكُلُهُ الأَرضُ إلا عَجبَ الذَّنْبِ مِنهُ يَنْبُتُ وَيُرْسِلُ اللهُ ماءَ الحياةِ فَيَنْبتونَ فِيهِ نَبات الخضر حَتَى إذَا أخرجت الأجساد أَرسَلَ الله الأَرواحَ وَكانَ كُلُّ روح أسرعَ إلى صَاحِبِهِ مِنَ الطَّرْفِ ثُمَّ ينفخ في الصور فَإذا هُم قِيامٌ يَنظرون./ النسائي، صححه الالباني/ وە لە فەرموودەدا هاتوە كە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: {أنا أوَّلُ مَن تَنشَقُّ عَنهُ الأرض/ متفق عليه/ من یەكەم كەسم كە زەویم لەسەر لەت دەبێت بۆ هاتنەدەرەوەم}

(٤٥) ئێمە زاناترین بەو شتانەی كە دەیڵێن، وە تۆ خاوەنی زۆر نیت بەسەر ئەواندا كە باوەڕیان پێ بهێنیت، ئەوەیش داوانەكراوە لە تۆ جا تۆ ئەو كەسەی كە لە هەڕەشەی ئێمە دەترسێت بەم قورئانە بە بیری بهێنەرەوە، ئەگەر بیری كردەوەو ڕێگای ڕاستی گرت خۆشبەخت دەبێتو ئەگەر هەر خەریكی كەیفو سەیرانو خۆشی ئەم ژیانە بوو

ئاورێکی لە پاشەڕۆژی خۆی نەدایەوە بێگومان مرۆڤێکی دۆڕاوەو پاشەڕۆژ خراوە.

(٥١) سورەتی زاریات (٦٠)

سورەتی زاریات کە سورەتی پەنجاویەکەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتووەتە خوارەوە، بە کۆی دەنگ شەست ئایەتە. وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی شەستوشەشەمەو پاش سورەتی (الأحقاف) و پێش (الغاشية) دابەزیوە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بەو بایانەی کە بڵاوکەرەوەن.

(٢) سوێند بەو هەورانەی کە هەڵگری باری قورسی ئاون.

(٣) ئەوسا سوێند بەو کەشتیانەی کە بە ئاسانی لە ناو دەریا کاندا هاتوچۆ دەکەن.

(٤) ئەوسا سوێند بەو فریشتانەی کە دابەشکەری کاروبارەکانی مرۆڤن ئەوانەی کە پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە وەك مەئمورەکانی نوسەری کردارەکانو ڕۆزیو بارانو شتی تر.

(٥) بێگومان ئەوەی کە بەڵێنتان پێ دراوە ڕاستەو هەر بەو چەشنەی کە وتراوە ڕوودەدات.

(٦) بەڕاستی ئەو قیامەتەی کە حیسابو تۆڵەو پاداشتی تێدایە ڕاستەو دێتەدی.

(٧) سوێند بەو ئاسمانەی کە جوانەو خاوەنی ڕێگای زۆرە کە وەك قژی لول دەردەکەوێت، ئەگەر لە جێگای نزیکەوە تەماشای بکرێت

(٨) بێگومان ئێوە قسەتان یەك ناگرێتەوە، هەر یەکەی قسەیەك دەکەن سەبارەت بەم قورئانەو بە پێغەمبەر ﷺ .

(٩) لادەدرێ لەو قورئانە ئەو کەسەی کە لەعیلمی خوادا لادراوە.

(١٠) دەك لەناو بچن ئەو کەسانەی کە بە گۆترە قسەو بڕیار دەدەنو دەڵێن زیندوبونەوە نیە. جا ئەوانە کێن؟

(١١) ئەو کەسانەن کە کەوتونەتە گێژاوی نەزانینەوەو لە قیامەت بێ ئاگان.

وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْحُبُكِ (٧) إِنَّكُمْ لَفِى قَوْلٍ مُّخْتَلِفٍ (٨) يُؤْفَكُ عَنْهُ مَنْ
أُفِكَ (٩) قُتِلَ ٱلْخَرَّٰصُونَ (١٠) ٱلَّذِينَ هُمْ فِى غَمْرَةٍ سَاهُونَ (١١)
يَسْـَٔلُونَ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلدِّينِ (١٢) يَوْمَ هُمْ عَلَى ٱلنَّارِ يُفْتَنُونَ (١٣) ذُوقُوا۟
فِتْنَتَكُمْ هَٰذَا ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تَسْتَعْجِلُونَ (١٤) إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى جَنَّٰتٍ
وَعُيُونٍ (١٥) ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمْ رَبُّهُمْ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ مُحْسِنِينَ
(١٦) كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ (١٧) وَبِٱلْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ
(١٨) وَفِىٓ أَمْوَٰلِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّآئِلِ وَٱلْمَحْرُومِ (١٩) وَفِى ٱلْأَرْضِ ءَايَٰتٌ
لِّلْمُوقِنِينَ (٢٠) وَفِىٓ أَنفُسِكُمْ ۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ (٢١) وَفِى ٱلسَّمَآءِ رِزْقُكُمْ
وَمَا تُوعَدُونَ (٢٢) فَوَرَبِّ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ إِنَّهُۥ لَحَقٌّ مِّثْلَ مَآ أَنَّكُمْ
تَنطِقُونَ (٢٣) هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ضَيْفِ إِبْرَٰهِيمَ ٱلْمُكْرَمِينَ (٢٤)
إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَيْهِ فَقَالُوا۟ سَلَٰمًا ۖ قَالَ سَلَٰمٌ قَوْمٌ مُّنكَرُونَ (٢٥) فَرَاغَ إِلَىٰٓ
أَهْلِهِۦ فَجَآءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ (٢٦) فَقَرَّبَهُۥٓ إِلَيْهِمْ قَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ
(٢٧) فَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً ۖ قَالُوا۟ لَا تَخَفْ ۖ وَبَشَّرُوهُ بِغُلَٰمٍ عَلِيمٍ
(٢٨) فَأَقْبَلَتِ ٱمْرَأَتُهُۥ فِى صَرَّةٍ فَصَكَّتْ وَجْهَهَا وَقَالَتْ عَجُوزٌ عَقِيمٌ
(٢٩) قَالُوا۟ كَذَٰلِكِ قَالَ رَبُّكِ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ (٣٠)

(١٢) کە دەپرسنو دەڵێن: ڕۆژی قیامەت کەی دێت؟ بڵێ:

(١٣) ئەو ڕۆژە دێت کە ئەوان لەسەر ئاگر ڕایان دەگرنو سزا دەدرێن.

(١٤) جا پێیان دەوترێت بچەژن سزای ئەو کردارە خراپانەی خۆتان ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە لە پێشدا زۆر بۆی بەپەلە بونو هەر دەتان وت: کەی دێت ئەو ڕۆژەو گاڵتەتان پێی دەهات؟

(١٥) بێگومان ئەو ڕۆژە کە هات پارێزکاران لەناو باخچەیانو کانی ئاوانی زۆردان.

(١٦) جا ئەوەی کە پەروەردگاری خۆیان بۆی داناون هەموی وەردەگرن بێگومان کە ئەوان پێش ئەوەی بچنە ئەو بەهەشتەوە لە دنیادا چاکە کاربون .

(١٧) ئەوان کەمێك لە شەو دەخەوتنو زۆرتر بە نوێژو بەندایەتیەوە خەریك دەبون. پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَفْشُوا السَّلَامَ وَأَطْعِمُوا الطَّعَامَ وَصَلُّوا بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ بِسَلَامٍ./ الترمذي، الألباني: صحيح/ ئەی خەڵکینە زۆر سەلام بکەنو خواردن بدەنو

صحيح/ ئەی خەڵکینە زۆر سەلام بکەن‌و خواردن بدەن‌و شەونوێژ بکەن لە کاتێکدا کەخەڵکی خەوتوە، بەئەمن‌و ئەمانەوە دەچنە بەهەشتەوە}

(١٨) جا بەرەبەیانیان داوای لێبوردنیان لە خوا دەکرد، لە فەرمودەدا هاتووە کە پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: {إنَّ الله يَنزِلُ كُلَّ لَيلَةٍ إلَى سَمَاءِ الدُّنيا حينَ يَبقَى ثُلُثُ اللَّيلِ الأَخِير، فَيَقُول: هَل مِن تَائِبٍ فَأَتُوبُ عَلَيهِ؟ هَل مِن مُستَغفِرٍ فَأَغفِرَ لَهُ؟ هَل مِن سَائِلٍ فَيُعطى سُؤلَهُ؟ حَتَّى يَطلع الفَجر/متفق عليه/ بێگومان هەمو شەوێك کاتێك کە بەشی سێهەمی دەمێنێت الله دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دنیا بەو شێوەی کە شایستە بەوەو دەفەرموێ: ئایا کەسێك هەیە تەوبە بکات تا تەوبەی لێ وەربگرم؟ ئایا کەسێك هەیە کە داوای لێبوردن بکات تا لێی ببورم؟ ئایا کەسێك هەیە داوای شتم لێ بکات تا داواکاریەکەی پێ بدرێت؟ هەتا ڕۆژ دەبێتەوە کە کاتی بانگی بەیانیە} جا سیفەتێکی تری پەرهیزکاران باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٩) خۆ لەناو ماڵ‌وسامانیاندا بەشێکیش هەیە بۆ داواکاران‌و بێ بەشان.کە هەمیشە نزای خێری فریشتەی جارچی دەیانگرێتەوە . ئینجاالله سرنجی مرۆڤ بۆ چەند نیشانەیەکی گرنگی دەسلاتی خۆی رادەکێشێ‌ودەفەرموێ:

(٢٠) خۆ لەو زەویەدا چەندین نیشانە هەیە لەسەر تەنهایی‌و دەسەڵات و زانایی‌و کاربەجێی الله بۆ ئەو کەسانەی کە هیچ گومانێك نیە لە بیرو باوەڕیاندا. بەڵێ بەراستی هەر ئەوان سوودی لێ وەردەگرن ئەگینا ئەو بەڵگانە بۆ هەمو خەڵکە،

(٢١) جا لەناو خۆیشیاندا دیسان چەندین بەڵگەی گەورەو بچوك، دیارو نادیار هەیە، دەی ئایا چاو نادرنەوەو بەجوانی تەماشای خۆیان‌و پێکهاتەی لەشی خۆیان بکەن‌و گەورەی‌و عەزەمەتی الله یان بۆدەرکەوێت؟

(٢٢) ڕۆزیتان‌و هەر بەڵێنێکتان پێ دەدرێت هەر لە ئاسمانەوەیەو بەدەست خوایەو کەس لەو بارەوە هیچی پێ ناکرێت، بەڕاستی ئەم تاکە ئایەتە بەسە بۆ باوەڕدار کە سەر بۆ کەس شۆڕ نەکات‌و ترسی لە کەس نەبێت، چونکە ئەوەی کە مرۆڤ لە دنیادا لێی دەترسێت کە لە دەستی بدات ڕۆزی‌و تەمەنیەتی کە ئەم دووانەش هەر لە دەست اللهدان‌و کەس زیادو کەمی پێ ناکرێت، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {لَوْ أَنَّكُمْ كُنْتُمْ تَوَكَّلُونَ عَلَى اللَّهِ حَقَّ تَوَكُّلِهِ لَرَزَقَكُمْ كَمَا يَرْزُقُ الطَّيْرَ أَلَا تَرَوْنَ أَنَّهَا تَغْدُو خِمَاصًا وَتَرُوحُ بِطَانًا/ احمد. صححه الألباني/ بێگومان ئەگەر ئێوە پشت ببەستن بەخوا بە پشت بەستنێکی ڕاست بەدڵنیاییەوە ڕۆزیتان پێ دەدات هەروەك چۆن کە ڕۆزی دەدات بە باڵندە، کەبێگومان بەیانی دەردەچێت سکی خاڵیەو ئێوارە کەدەگەڕێتەوە سکی پڕە؟} دەی ئیتر ترس لە جگە لەالله بۆچی؟! ئەی باوەڕداران بیر بکەنەوەو بیروباوەڕتان چاك بکەن.

(٢٣) سا سوێند بە پەروەردگاری ئاسمان‌و زەوی ئەوەی کە بەڵێنتان پێ دراوەو ئەم قورئانە ڕاستەو هەروەکو چۆن ئێوە لەناو خۆتاندا قسە دەکەن‌و دەزانن خۆتانن قسە دەکەن هەر ئاوەها ئەم قورئانەو ئەو بەڵێنانەی کە پێتان دراوە ڕاستەو گومانی تێدانیە.

(٢٤) ئایا قسەی میوانە بەڕێزەکانی ئیبراهیمت پێ گەیشتووە،

(٢٥) ئەو کاتەی کە هاتنە لای‌و وتیان: سەلام، ئەویش بەباشتر لە وان وەڵامی دانەوەو وتی: سەلام، واتە سەلامیان لێکردو، ئەویش بە سەلام لێکردنیان وەڵامی دانەوەو ئیبراهیم عليه السلام وتی: خەڵکێکی نەناسراون.

(٢٦) جابەهێواشی‌و بەدزیەوە خۆی گەیاندە خاوخێزانی‌و باسی مێوانەکانی بۆکردو خواردنێکی چاکیان بۆ ئامادە کردن کە گوێرەکەیەکی قەڵەوی برژاو بو بۆی هێنان.

(٢٧) جانزیکی کردەوە لێیان بەڵام ئەوان دەستیان بۆ نەبردو نەیان خوارد ئیبراهیم عليه السلام وتی:ئەوە بۆ ناخۆن؟!

(٢٨) ترسا کە نیەتیان باش نەبێت (چونکە نان نەخواردن لەناو عەرەبدا بەڵگەی یەك نەویستنەو بەتەمای کەتنن سەبارەت بەو خاوەن ماڵە) جا کە ئەوانیش هەستیان بە نارەحەتی ئیبراهیم عليه السلام کرد، وتیان: مەترسەو مژدەیان پێدا بە کوڕێکی زانا، چونکە ئیبراهیم عليه السلامتا ئەو کاتە

(٢٩) جا ژنەکەی بە هاوارەوە هاتو دای بەناو روومەتی خۆیداو وتی: من پیرەژنێکی بێ سكو زام مندالم چۆن دەبێت؟ جا ئەو میوانە بەرێزانە وەلامیان دایەوە.

(٣٠) وتیان: بەڵێ هەر ئاوەهایەو مندالت دەبێت کە پەروەردگارت فەرمویەتی بێگومان کە ئەو هەر خۆیەتی داناو زانا.

(٣١) ئیبراهیم کە ترسی نەماو مژدەی کوڕیشیان پێدا، خۆ ئەو هەر مرۆڤێکی دڵسۆزەو دەیەوێت بزانێت کاری ئەوانە چیی ترە؟ فەرموی: ئەی نێرراوەکان ئەی بۆ چ کارێکی گەورەی تر هاتوون؟

(٣٢) وتیان: بێگومان ئێمە ڕەوانە کراوین بۆ سەر گەلێکی تاوانبار کە گەلی لوتە.

(٣٣) تا بدەین بەسەریاندا بە بەردی لەقوڕ دروستکراو.

(٣٤) کە لەلایەن پەروەردگارتەوە دیاریکراوە بۆ ئەوانەی کە لە سنور تێپەڕیون‌و گوێ لە هیچ ئامۆژگاریکەرێك ناگرن.

(٣٥) ئەوسا ئێمەش ئەوەی کە باوەڕدار بوو لەو شوێنەدا دەرمان کردن.

(٣٦) خۆ جگە لە ماڵێکی موسڵمانیش کەسی ترمان لەو شوێنەدا دەست نەکەوت کە لوتو دوو کچەکەی بوون کە بەباوەڕدارو موسڵمان (المُؤمن) و (المُسلِم) خودا ناوی هێناون واتە: خاوەنی بیروباوەڕێکی ڕاستو دروستو کردار گەلێکی پاکیان هەبوە.

(٣٧) جا لەوێدا نیشانەیەکی گەورەمان دانا بۆ ئەو کەسانەی کە لە سزای بەژان دەترسن. تابیرلە بەسەرهاتی ئەو گەلە بکەنەوە.

(٣٨) خۆلە داستانی موسایشدا ﷺ پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ خەڵکی لە خواترس ئەو کاتەی کە ناردمان بۆ لای فیرعەون بە بەڵگەی ئاشکراوە، کەدەستو عەساکەی بو.

(٣٩) جا ئەو نەك باوەڕی نەکرد، بەڵکو پشتی کردە ڕاستی‌و باوەڕی نەهێنا لەگەڵ هەمو هێزو پاڵپشتەکانیداو وتیان: جادووگەرە یان شێتە، جا خوا ڕقی لێ هەستاو دەفەرموێ:

۞ قَالَ فَمَا خَطْبُكُمْ أَيُّهَا ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿٣١﴾ قَالُوٓا۟ إِنَّآ أُرْسِلْنَآ إِلَىٰ قَوْمٍ
مُّجْرِمِينَ ﴿٣٢﴾ لِنُرْسِلَ عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِّن طِينٍ ﴿٣٣﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَ
لِلْمُسْرِفِينَ ﴿٣٤﴾ فَأَخْرَجْنَا مَن كَانَ فِيهَا مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٣٥﴾ فَمَا وَجَدْنَا
فِيهَا غَيْرَ بَيْتٍ مِّنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٦﴾ وَتَرَكْنَا فِيهَآ ءَايَةً لِّلَّذِينَ يَخَافُونَ
ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٣٧﴾ وَفِى مُوسَىٰٓ إِذْ أَرْسَلْنَٰهُ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ بِسُلْطَٰنٍ
مُّبِينٍ ﴿٣٨﴾ فَتَوَلَّىٰ بِرُكْنِهِۦ وَقَالَ سَٰحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ ﴿٣٩﴾ فَأَخَذْنَٰهُ وَجُنُودَهُۥ
فَنَبَذْنَٰهُمْ فِى ٱلْيَمِّ وَهُوَ مُلِيمٌ ﴿٤٠﴾ وَفِى عَادٍ إِذْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلرِّيحَ
ٱلْعَقِيمَ ﴿٤١﴾ مَا تَذَرُ مِن شَىْءٍ أَتَتْ عَلَيْهِ إِلَّا جَعَلَتْهُ كَٱلرَّمِيمِ ﴿٤٢﴾
وَفِى ثَمُودَ إِذْ قِيلَ لَهُمْ تَمَتَّعُوا۟ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿٤٣﴾ فَعَتَوْا۟ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ
فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ وَهُمْ يَنظُرُونَ ﴿٤٤﴾ فَمَا ٱسْتَطَٰعُوا۟ مِن قِيَامٍ
وَمَا كَانُوا۟ مُنتَصِرِينَ ﴿٤٥﴾ وَقَوْمَ نُوحٍ مِّن قَبْلُ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا
فَٰسِقِينَ ﴿٤٦﴾ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيْنَٰهَا بِأَيْي۟دٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴿٤٧﴾ وَٱلْأَرْضَ
فَرَشْنَٰهَا فَنِعْمَ ٱلْمَٰهِدُونَ ﴿٤٨﴾ وَمِن كُلِّ شَىْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ
لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٤٩﴾ فَفِرُّوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ إِنِّى لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٥٠﴾
وَلَا تَجْعَلُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ إِنِّى لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٥١﴾

(٤٠) ئەوسا ئێمەش خۆی‌و سەربازەکانیمان بە توندی گرت‌و فڕێماندانە ناو دەریاوە لە حاڵێکدا کە ئەو سەرزەنشت دەکرا.

(٤١) جا هەروەها لە داستانی گەلی عادیشدا بەڵگەی گەورە هەیە بۆ پەندو ئامۆژگاری دڵ زیندووان ئەو کاتەی کە بایەکی بێ خێرمان بۆ ناردن.

(٤٢) کە نەیدا بەسەر هیچ کەسێکدا مەگەر کردبێتی بە پێشەی ڕزیو .

(٤٣) خۆ هەروەهایش لە داستانی گەلی سەموددا بەڵگەی گەورە هەیە بۆ پەند لێ وەرگرتن ئەو کاتەی کە وشترەکەیان کوشت‌و پێیان وترا ڕابوێرن تا کاتی هاتنی سزا پاش سێ ڕۆژ.

(٤٤) جا ئەوان لە فرمانی پەروەردگاری خۆیان لایان دا، ئەوسا نەعرەتەیەك گرتنی لەحاڵێکدا تەماشایان دەکرد، جا نە توانای لادانی ئەو سزایان هەبو نە توانای خۆگوڕێزداندا لێی.

كَذَٰلِكَ مَآ أَتَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا قَالُواْ سَاحِرٌ أَوۡ مَجۡنُونٌ
﴿٥٢﴾ أَتَوَاصَوۡاْ بِهِۦۚ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ طَاغُونَ ﴿٥٣﴾ فَتَوَلَّ عَنۡهُمۡ فَمَآ أَنتَ
بِمَلُومٍ ﴿٥٤﴾ وَذَكِّرۡ فَإِنَّ ٱلذِّكۡرَىٰ تَنفَعُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٥٥﴾ وَمَا
خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ﴿٥٦﴾ مَآ أُرِيدُ مِنۡهُم مِّن رِّزۡقٍ
وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطۡعِمُونِ ﴿٥٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ذُو ٱلۡقُوَّةِ ٱلۡمَتِينُ
﴿٥٨﴾ فَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ ذَنُوبًا مِّثۡلَ ذَنُوبِ أَصۡحَٰبِهِمۡ فَلَا يَسۡتَعۡجِلُونِ
﴿٥٩﴾ فَوَيۡلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن يَوۡمِهِمُ ٱلَّذِي يُوعَدُونَ ﴿٦٠﴾

٥٢ سُورَةُ الطُّورِ ٤٩

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلطُّورِ ﴿١﴾ وَكِتَٰبٍ مَّسۡطُورٍ ﴿٢﴾ فِي رَقٍّ مَّنشُورٍ ﴿٣﴾ وَٱلۡبَيۡتِ
ٱلۡمَعۡمُورِ ﴿٤﴾ وَٱلسَّقۡفِ ٱلۡمَرۡفُوعِ ﴿٥﴾ وَٱلۡبَحۡرِ ٱلۡمَسۡجُورِ ﴿٦﴾ إِنَّ
عَذَابَ رَبِّكَ لَوَٰقِعٌ ﴿٧﴾ مَّا لَهُۥ مِن دَافِعٍ ﴿٨﴾ يَوۡمَ تَمُورُ ٱلسَّمَآءُ
مَوۡرًا ﴿٩﴾ وَتَسِيرُ ٱلۡجِبَالُ سَيۡرًا ﴿١٠﴾ فَوَيۡلٌ يَوۡمَئِذٍ لِّلۡمُكَذِّبِينَ
﴿١١﴾ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي خَوۡضٍ يَلۡعَبُونَ ﴿١٢﴾ يَوۡمَ يُدَعُّونَ إِلَىٰ نَارِ
جَهَنَّمَ دَعًّا ﴿١٣﴾ هَٰذِهِ ٱلنَّارُ ٱلَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴿١٤﴾

﴿٤٥﴾ جا نەیانتوانی ڕاست ببنەوەو دژایەتی بکەنو نەشیان توانی تۆڵەی خۆیان وەربگرنەوە، لەراستیدا ئەوە گاڵتە کردنە پێیان چونکە لەدنیادا زۆر بەتواناوهێزی خۆیاندا دەنازین.

﴿٤٦﴾ خۆ گەلی نوحیش لەپێشداسزادرانو کران بە پەند بۆ پاش خۆیان چونکە بێگومان ئەوانیش گەلێك بوون لەسنور تێ پەڕی بوون. جارێکی تر سرنجمان بەرەودەسلاتی خۆی رادەکێشیو دەفەرموێ:

﴿٤٧﴾ جا ئەم ئاسمانانەمان کرد بە بان بۆتانو دروستمان کرد بە هێزو قوەتی خۆمانو کەس تێیدا بەشدار نەبوەوبێگومان پەرەیشی پێ دەدەینوفرەوان تری دەکەین.

﴿٤٨﴾ خۆ ئەم زەویەشمان ڕاخست بۆ دروستکراوەکانمان ئای ئێمە چەند ڕێكو پێك کەرو ڕاخەری باشین.

﴿٤٩﴾ ئەوسا لە هەمو شتێکیشدا ئێمە جووتمان دروستکردوە بۆ ئەوەی بیربکەنەوەوﷲ بەچاکی بناسنورێگای ڕاست بگرن .

﴿٥٠﴾ دەی بەرەو ﷲ ڕابکەن بێگومان من بۆ ئێوە لەلایەنی خۆیەوە ترسێنەرێکی ئاشکرام.

﴿٥١﴾ لەگەڵ ﷲ دا هیچ خودایەکی تر مەپەرستن بێگومان من بۆ ئێوە لەلایەن خۆیەوە ترسێنەرێکی ئاشکرام.

﴿٥٢﴾ هەروەکو لەگەڵ تۆدا ئەم گەلە ڕەفتاری خراپ دەکەن هەروەها هیچ پێغەمبەرێکیش نەهاتوە بۆخەڵکانی پێش خۆیان مەگەر پێیان وت بێت: جادووگەرە یان شێت. واتە تۆش نارەحەت مەبەو ئەم قسانە تازە نین کە بە تۆ دەوترێت بەڵکو خوا نەناسان تازەوکۆنیان قسەیان وەك یەکە.

﴿٥٣﴾ ئایا ئەوانە پشت بە پشت ئامۆژگاریان کردوە بەیەك کە بەم جۆرە قسە بکەن (نەخێر وانیە) بەڵکو ئەوان هەر بۆ خۆیان گەلێکی سەرکەش بوونوهەرئەوسەرکەشیەش کردوونی بەبرای یەكو لەیەك دەچن.

﴿٥٤﴾ سا تۆ پشتیان تێبکەو خۆتیان لێ هەڵە بکەو هیچ کەسیش گلەییو گازاندە لە تۆ ناکات، واتە: ئێمە تۆ بە تاوانبار نازانینو لۆمەیشت ناکەین لەسەر ئەو هەڵوێستە خراپانەی ئەوانو لەو پشت تێکردنەت.

﴿٥٥﴾ بەبیر بهێنەرەوەو باسیان بۆ بکە بێگومان بەبیر هێنانەوە سوودی هەیە بۆ باوەڕدران.

﴿٥٦﴾ ئەوسا من جنۆکەو مرۆڤم هەر بۆئەوە دروستکردوە کە بم پەرستن. واتە هاتنی دنیامان بۆ پەرستنی ﷲ یەو بۆ تاقی کردنەوەی پەریو ئینسانە هەتا لەدوارۆژدا هیچکام لەئێمە نەیبێت بەهانە. ئینجا ﷲ دەفەرموێ:

﴿٥٧﴾ من لەوان ڕۆزیم ناوێتو نامەوێت کە خواردنم بدەنێ، تا بڵێن خوا نیازی بەئێمە هەیە، نەخێر ئەو نیازی ئێمە دێنێتەجێو بژێویمان پێ دەدات.

﴿٥٨﴾ بێگومان کە خودا هەر خۆیەتی ڕۆزیدەرو خاوەنی هێزی پتەو.

﴿٥٩﴾ سا بێگومان بۆ ئەو کەسانەی کە ستەمیان کردوە بەشێکیان بۆ هەیە لە سزا هەروەکو بەشی هاوڕێ

لەناوچوە پێشوەکانیان جا با پەلە نەکەن، دڵنیابن پێی دەگەنو سزای کرداری ناپەسەندی خۆیان وەردەگرن.

(٦٠) سا واوەیلا بۆ ئەو کەسانەی کە خوانەناس بون لەو ڕۆژەی کە بەڵێنیان پێدراوە کە قیامەتو باقی بەسەرهاتو روداوە گەورەوسەختە کانیەتی.

(٥٢) سورەتی تور (٤٩)

سورەتی تور کە سورەتی پەنجاو دووهەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتۆتە خوارەوەو چلو نۆ ئایەتە. وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی حەفتاو پێنجەمەو پاش سورەتی (نوح) و پێش (المؤمنين) دابەزیوە، وتراوە کەناسخو مەنسوخی تێدا نیە جگە لە ئایەتی ﴿واصبر لحكم ربك فإنك بأعيننا... الآية] کە بە ئایەتی " السیف" نەسخ بوەتەوە، پێغەمبەر ﷺ لە نوێژی مەغریبدا سورەتی توری خوێندوە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بە کێوی تور ئەو چیایەی کە خوای باڵادەست لەگەڵ موسادا گفتوگۆی کردوە.

(٢) وە سوێند بە پەڕوای دێڕ دێڕ نوسراو.

(٣) لەناو پێستو کاغەزو شتی تر کەبڵاوکراوەیە

(٤) جا سوێندیش بە (بيت المعمور) کە لە ئاسمانی حەوتەمدایەو فریشتەکان تەوافی دەکەن هەروەك لە زەویدا خەڵکی تەوافی کەعبە دەکەن. لە فەرمودەدا هاتووە کە شەوی میعراج پێغەمبەرمانﷺ فەرمویەتی: پاش ئەوەی کە لە ئاسمانی حەوتەمدا تێپەریم {ثُمَّ رُفِعَ إلى البَيتِ المَعمورِ وَإذا هو يَدخُلُهُ في كُلِّ يَومٍ سَبعونَ ألفاً لا يَعودونَ إلَيهِ اخِرَ ما عَلَيهم/ متفق عليه/ پاشان بەرزکراوەتەوە بۆ (بيت المعمور) کەچی دی هەمو ڕۆژێك حەفتا هەزار فریشتە دەچنە ناویەوە بۆ تەوافو جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ تەوافکردنی، واتە: هەریەك جاریان بەردەکەوێت}.

(٥) سا سوێند بەو بانەی کە بەرزکراوەتەوە کە ئاسمانە.

(٦) وە سوێند بەو دەریایەی کە لێوان لێوە، سوێند بەو پێنج شتانە.

أَفَسِحۡرٌ هَٰذَآ أَمۡ أَنتُمۡ لَا تُبۡصِرُونَ ١٥ ٱصۡلَوۡهَا فَٱصۡبِرُوٓاْ
أَوۡ لَا تَصۡبِرُواْ سَوَآءٌ عَلَيۡكُمۡۖ إِنَّمَا تُجۡزَوۡنَ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ١٦
إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَنَعِيمٖ ١٧ فَٰكِهِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ
وَوَقَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ١٨ كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ هَنِيٓـَٔۢا بِمَا
كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ١٩ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ سُرُرٖ مَّصۡفُوفَةٖۖ وَزَوَّجۡنَٰهُم
بِحُورٍ عِينٖ ٢٠ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱتَّبَعَتۡهُمۡ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ أَلۡحَقۡنَا
بِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَمَآ أَلَتۡنَٰهُم مِّنۡ عَمَلِهِم مِّن شَيۡءٖۚ كُلُّ ٱمۡرِيِٕۭ بِمَا كَسَبَ
رَهِينٞ ٢١ وَأَمۡدَدۡنَٰهُم بِفَٰكِهَةٖ وَلَحۡمٖ مِّمَّا يَشۡتَهُونَ ٢٢ يَتَنَٰزَعُونَ
فِيهَا كَأۡسٗا لَّا لَغۡوٞ فِيهَا وَلَا تَأۡثِيمٞ ٢٣ ۞ وَيَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ غِلۡمَانٞ
لَّهُمۡ كَأَنَّهُمۡ لُؤۡلُؤٞ مَّكۡنُونٞ ٢٤ وَأَقۡبَلَ بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ يَتَسَآءَلُونَ
٢٥ قَالُوٓاْ إِنَّا كُنَّا قَبۡلُ فِيٓ أَهۡلِنَا مُشۡفِقِينَ ٢٦ فَمَنَّ ٱللَّهُ
عَلَيۡنَا وَوَقَىٰنَا عَذَابَ ٱلسَّمُومِ ٢٧ إِنَّا كُنَّا مِن قَبۡلُ
نَدۡعُوهُۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡبَرُّ ٱلرَّحِيمُ ٢٨ فَذَكِّرۡ فَمَآ أَنتَ بِنِعۡمَتِ
رَبِّكَ بِكَاهِنٖ وَلَا مَجۡنُونٍ ٢٩ أَمۡ يَقُولُونَ شَاعِرٞ نَّتَرَبَّصُ بِهِۦ رَيۡبَ
ٱلۡمَنُونِ ٣٠ قُلۡ تَرَبَّصُواْ فَإِنِّي مَعَكُم مِّنَ ٱلۡمُتَرَبِّصِينَ ٣١

(٧) بێگومان سزای پەروەردگارت بۆ ستەمکاران دێتە دی.

(٨) هیچ پاڵنەرێکیشی نیە کە لای بدات لەسەر ئەوان.

(٩) ئەو ڕۆژەی کە ئاسمان دەجوڵێت جا چۆن جوڵاندنێك و چیاکان دەڕۆن چ ڕۆیشتنێك.

(١١) ئەوسا واوەیلا لەو ڕۆژەدا بۆ ئەو کەسانەی کە پێغەمبەرانیان بەدرۆ خسبێتەوەو باوەڕیان نەهێنابێت.

(١٢) ئەوکەسانەی کە لەدەریای بێ ئاگاییو شتی پڕو پوچدا یاری دەکەن.

(١٣) ئەو ڕۆژەی کە بە پاڵنان بەرەو ئاگری دۆزەخ پاڵدەنرێن،

(١٤) جا پێیان دەوترێت: ئەمە ئەو ئاگرەیە کە ئێوە باوەڕتان پێی نەبو.

(١٥) ئایا ئەمە جادووە یان ئێوە چاوتان نابینێت؟ بەم شێوەیە لەوڕۆژەدا گاڵتەیان پێدەکرێت.

(١٦) جاپێیان دەوترێت: بچنە ناویەوە، سا ئیتر لەسەر ئەو ئاگرە خۆتان بگرن یان خۆتان نەگرن یەکسانە بۆتان،

چونکە ئەو خۆگرتنەتان هیچ سوودێکتان پێ نادات، ئەوە هەر تۆڵەی ئەوەیە کە کردووتانەو خوا ستەم لە کەس ناکات.

(١٧) بێگومـــان پارێزکـــاران لـــەناو باخچـــەگەڵو نـــازو نیعمەتدان.

(١٨) ڕادەبوێرنو شادمانن بەوەی کە پەروەردگاریان پێی بەخشیونو پەروەردگاریان لە سزای دۆزەخ پاراستوونی. ئەوسا پێیان دەوترێت:

(١٩) بخۆنو بخۆنەوە لە باتی ئەوەی کە کردوتانەو نۆشی گیانتان بێت.

(٢٠) لەسەر تەختی ڕیزکراو پاڵ دەدەنەوەو کچی سپیو چاو گەورەمان پێداون.

(٢١) ئەوسا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو ئەوانەش کە پەیڕەویان کردوون لە ڕۆڵەکانیان بە بیرو باوەڕ ئەوە ڕۆڵەکانیان پێدەگەیەنین لە بەهەشتداو هیچ شتێکیش لە چاکەی ئەوان کەم ناکرێتەوەو هەمو کەسێکیش لە بارمەتەی کردەوەی خۆیدایە. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إنّ اللهَ لَيرفَعُ ذُرّيّةَ الْمُؤمِنِ إليهِ في دَرَجَتِهِ وإن كانُوا دُونَهُ في الْعَمَلِ لِتَقَرَّ بِهِم عَيْنُه ثُمّ قَرَأَ ﴿ وَالَّذِينَ ءَامَنُوا وَاتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ ..الايه ﴾ ثُمّ قَال وَمَا نَقَصْنَا الآباءَ بِما أعطَيْنَا الْبَنِينَ /السلسلة الصحيحة/ بێگومان کەاللّٰه نەوەی باوەڕدار بەرز دەکاتەوە بۆ لای هەرچەند لەکرداری چاکیشدا لەپلەی ئەودا نەبێت تا چاوی بەوان ڕۆشن بکاتەوە، لەپاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە﴿ وَالَّذِينَ ءَامَنُوا وَاتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ ..الايه ﴾ پاشان فەرموی: خوا فەرموی: ئێمە لە پاداشتی باوکانمان کەم نەکردوەتەوە بەهۆی ئەو بەخششەی کەداومانە بەکوڕەکانیان} بەڵێ باوەڕداران مادام باوەڕیان هێنابێت دەگەیەنرێت بە پلەی بەرزی باوکانیان لە بەهەشتدا.

(٢٢) جا میوەی فرەوانو هەر گۆشتێك کە ئارەزۆی بکەن پێمان داون.

(٢٣) لەوێدا پیاڵەی شەراب بەیەکتر دەگۆڕنەوە، جا نە قسەی پڕو پوچی تێدایەو نەگوناهباریش دەبن تێتدا. بەڵکو هەر کەیفو سەیرانو سەلام سەلامە

(٢٤) جا خزمەتکاری تازە پێگەیشتوی کوڕانیان هەیە کە بە خزمەتکردنیان سەرگەرمن ئەوەندە سپین هەروەکو دانەی مرووارین لەناو توێکڵداو هەرگیز تۆزی لێ نەکەوتبێت.

(٢٥) ڕوودەکەنە یەکترو لە یەکتر دەپرسن لەو نازو نیعمەتەی کە خودا پێی داون چۆن ئەو خێرە گەورەیان دەستکەوتوە؟

(٢٦) دەڵێن: بۆیە ئەمەمان پێدراوە چونکە بێ گومان ئێمە لە دنیادا لەناو خاوخێزانی خۆماندا لە خودا دەترساینو خۆمان لەو شتانە دەپاراست کە خودا لێمان تووڕە ببێت.

(٢٧) جا خوا ئەم چاکەیەی لەگەڵ ئێمەدا کردو لەو سزا ژەهراویە پڕ ژانەی پاراستین.

(٢٨) بێگومان ئێمە لە دنیادا هەر ئەومان دەپەرست چونکە ئەو بێگومان چاکەکاروزۆر میهرەبانە

(٢٩) سا تۆ بیریان بخەرەوەو ئامۆژگاریان بکەو گوێ مەدە قسەی ئەوان کە دەڵێن: کولێنانیە یان شێتە چونکە تۆ نە کولێنانیت نە شێتیت.

(٣٠) یان دەڵێن: شاعیرەو چاوەڕێ دەکەین تا دەمرێتو پاشان دەنگوباسی نامێنێت.

(٣١) تۆش بڵێ: چاوەڕێ بکەن ئەوسا منیش لەگەڵتاندا لەچاوەڕێ کەرانین.

(٣٢) ئایا خەونەکانیان فەرمانیان پێ دەکات بەمە کە بڵێن ئەو کولێنانیە یان شێتە یان شاعیرە؟ یان ئەوان هەر بۆ خۆیان گەلێکی سەرکەشن؟

(٣٣) یان دەڵێن ئەمە قسەیەکە وخۆی لە سینەی خۆی هەڵیدەبەستێت؟ نەخێر هیچ کام لەوانە نیە بەڵکو ئەوان باوەڕ ناهێنن،

(٣٤) ئەگەر ڕاست دەکەنو ئەمە دەست هەڵبەستە دەی با قسەیەکی وەك ئەوەم بۆ بهێنن.

(٣٥) ئایا هەر لە خۆیانەوە بەبێ دروستکەرێك دروستبوون؟ یان ئەوان خۆیان دروستکەرن؟

(٣٦) یان ئایا ئەوان ئاسمانانو زەوییان دروستکردوە؟ نەخێر، بەڵکو ئەوان ئەم ڕاستیە ناسەلمێننو لە گوماندان.

(٣٧) یان ئایا لەلای ئەوانە گەنجینەی پەروەردگارت تا بەکەیفی خۆیان کێ دەکەن بە پێغەمبەرو چی بە کەس دەدەن بە مەیلی ئەوان بێت؟ یان ئایا هەرئەوانن دەسەڵاتدارنو دەبێت بەگوێرەی داخوزی ئەوان ئیش بکرێت؟

(٣٨) یان ئایا پەیژەیەکیان نیە کە بەسەریدا سەرکەون بۆ ئاسمانو گوێ بگرن لە فریشتەکان جا ئەوسا ئەو بیسەرەیان بەڵگەی ڕۆشنیان بۆ بهێنێت؟

(٣٩) یان ئایا کچ بۆ ئەوە (دەیانووت فریشتەکان کچی خودان)و کوڕ بۆ ئەوانە ؟ واتە ئەوەی کە بۆ خۆیان پێیان ناخۆشە کە کچە دایدەنێن بۆ خودا؟!

(٤٠) یان ئایا تۆ لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامە داوای کرێیان لێ دەکەیت، جا ئەوانیش بەو بۆنەوە توشی زیان ببنو باریان قورس ببێتو نەتوانن ئەم پەیامە وەرگرن؟

(٤١) یان ئایا نهێنی لای خۆیانە، جا ئەوسا ئەوانیش بۆ خۆیان دەنوسنو دژایەتی پێغەمبەری ﷺ پێ دەکەن؟

(٤٢) یان ئایا ئەوان دەیانەوێت فێڵێك بکەنو ئاییینی پێغەمبەر بەدرۆ بخەنەوە؟جا بادڵنیابن ئەو کەسانەی کە خوانەناسن هەر خۆیانن فێڵ لێ کراو.

(٤٣) یان ئایا جگە لە خودا پەرستراوێکی تری ڕاستیان هەیە کە بێت بەدەمیانەوە لەکاتی تەنگانەداو لەرۆژی دوایشدا لەسزای خوا ڕزگاریان بکات؟ پاکیو بێ عەیبی بۆ خودا لەوەی کە ئەوان دەیکەن بە هاوبەشی خودا .

أَمۡ تَأۡمُرُهُمۡ أَحۡلَٰمُهُم بِهَٰذَآۚ أَمۡ هُمۡ قَوۡمٞ طَاغُونَ (٣٢) أَمۡ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُۥۚ
بَل لَّا يُؤۡمِنُونَ (٣٣) فَلۡيَأۡتُواْ بِحَدِيثٖ مِّثۡلِهِۦٓ إِن كَانُواْ صَٰدِقِينَ
(٣٤) أَمۡ خُلِقُواْ مِنۡ غَيۡرِ شَيۡءٍ أَمۡ هُمُ ٱلۡخَٰلِقُونَ (٣٥) أَمۡ خَلَقُواْ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ (٣٦) أَمۡ عِندَهُمۡ خَزَآئِنُ
رَبِّكَ أَمۡ هُمُ ٱلۡمُصَۜيۡطِرُونَ (٣٧) أَمۡ لَهُمۡ سُلَّمٞ يَسۡتَمِعُونَ فِيهِۖ فَلۡيَأۡتِ
مُسۡتَمِعُهُم بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٍ (٣٨) أَمۡ لَهُ ٱلۡبَنَٰتُ وَلَكُمُ ٱلۡبَنُونَ (٣٩)
أَمۡ تَسۡـَٔلُهُمۡ أَجۡرٗا فَهُم مِّن مَّغۡرَمٖ مُّثۡقَلُونَ (٤٠) أَمۡ عِندَهُمُ ٱلۡغَيۡبُ فَهُمۡ
يَكۡتُبُونَ (٤١) أَمۡ يُرِيدُونَ كَيۡدٗاۖ فَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ هُمُ ٱلۡمَكِيدُونَ (٤٢)
أَمۡ لَهُمۡ إِلَٰهٌ غَيۡرُ ٱللَّهِۚ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشۡرِكُونَ (٤٣) وَإِن يَرَوۡاْ كِسۡفٗا
مِّنَ ٱلسَّمَآءِ سَاقِطٗا يَقُولُواْ سَحَابٞ مَّرۡكُومٞ (٤٤) فَذَرۡهُمۡ حَتَّىٰ يُلَٰقُواْ
يَوۡمَهُمُ ٱلَّذِي فِيهِ يُصۡعَقُونَ (٤٥) يَوۡمَ لَا يُغۡنِي عَنۡهُمۡ كَيۡدُهُمۡ شَيۡـٔٗا
وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ (٤٦) وَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ عَذَابٗا دُونَ ذَٰلِكَ وَلَٰكِنَّ
أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ (٤٧) وَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعۡيُنِنَاۖ وَسَبِّحۡ
بِحَمۡدِ رَبِّكَ حِينَ تَقُومُ (٤٨) وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَسَبِّحۡهُ وَإِدۡبَٰرَ ٱلنُّجُومِ (٤٩)

٦٢ سُورَةُ النَّجۡمِ ٥٣

(٤٤) خۆ ئەگەر ببینن پارچەیەك لەم ئاسمانەوە بکەوێتە خوارەوە دەڵێن: هەورێکی زۆر قایەمو پشتدارەو دان بەسزاوتۆڵەی خودا دا نانێن تانەکەونە ناویەوە، جا ئەو کاتە داوای ڕزگار بون دەکەنو کەس نایەت بەهانایانەوەو دەبێ تۆڵەی سزای خۆیان وەربگرن.

(٤٥) سا تۆ وازیان لێ بهێنە تا دەگەن بەو ڕۆژەی کە تێیدا بێهۆش دەکەون لەبەر شەرمەزاریو سەختی سزایان،

(٤٦) ئەو ڕۆژەی کە ئەو فێڵەیان هیچ سوودێکیان پێ نادات و ئەوان یارمەتی نادرێنو هیچ کەسیش ئاوڕیان لێ ناداتەوە.

(٤٧) جا بێ درۆ بۆ ئەو کەسانەی کە ستەمیان کردوە سزایەکی گەورەی تر جگە لە مەی دنیادا هەیە، بەڵام زۆربەی ئەوان نازانن کە ئەو ڕۆژە ڕەشە دێتە بەرەوە بۆیان بەڵکو گاڵتە بە باسکەرانی دەکەن.

(٤٨) سا تۆ دان بە خۆتدا بگرە بۆ هاتنی فرمانی پەروەردگارت، جا تۆ بێگومان لەژێر چاودێری ئێمەدایتو دەتبینینو دەتپارێزین، سا تۆ تەسبیحاتی پەروەردگارت

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَىٰ (١) مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَىٰ (٢) وَمَا يَنطِقُ
عَنِ الْهَوَىٰ (٣) إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ (٤) عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَىٰ (٥)
ذُو مِرَّةٍ فَاسْتَوَىٰ (٦) وَهُوَ بِالْأُفُقِ الْأَعْلَىٰ (٧) ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّىٰ (٨)
فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَىٰ (٩) فَأَوْحَىٰ إِلَىٰ عَبْدِهِ مَا أَوْحَىٰ (١٠)
مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَىٰ (١١) أَفَتُمَارُونَهُ عَلَىٰ مَا يَرَىٰ (١٢) وَلَقَدْ رَآهُ
نَزْلَةً أُخْرَىٰ (١٣) عِندَ سِدْرَةِ الْمُنتَهَىٰ (١٤) عِندَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَىٰ (١٥)
إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَىٰ (١٦) مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ (١٧) لَقَدْ رَأَىٰ
مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَىٰ (١٨) أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّىٰ (١٩) وَمَنَاةَ
الثَّالِثَةَ الْأُخْرَىٰ (٢٠) أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الْأُنثَىٰ (٢١) تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ
ضِيزَىٰ (٢٢) إِنْ هِيَ إِلَّا أَسْمَاءٌ سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ
اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الْأَنفُسُ ۖ
وَلَقَدْ جَاءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَىٰ (٢٣) أَمْ لِلْإِنسَانِ مَا تَمَنَّىٰ (٢٤) فَلِلَّهِ
الْآخِرَةُ وَالْأُولَىٰ (٢٥) ۞ وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لَا تُغْنِي
شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا مِن بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَن يَشَاءُ وَيَرْضَىٰ (٢٦)

بکە لەگەڵ سوپاسگوزاریدا ئەو کاتەی ڕاست دەبیتەوە چ لەخەو یان هەستان بۆ هەر کارێکی چاك.

(٤٩) جا لە بەشێکی شەویشدا تەسبیحاتی بکە بە شەونوێژ کردنو پاش ئاوابوونی ئەستێرەکانیش تەسبیحاتی بکە بە کردنی دوو ڕکات سوننەتی پێش نوێژی بەیانی.لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتوە کە فەرمویەتی:{رَكعَتا الفَجرِ خَيرٌ مِنَ الدُّنيا وَمَا فِيهَا/مسلم وغيره/ دوو ڕکاتی نوێژی سوننەتی پێش نوێژی بەیانی چاکترە لە دنیاو لەوەی کە تێیدایە}.

(٥٣) سورەتی نەجم (٦٢)

سورەتی (النجم) یان (والنجم) کە سورەتی پەنجاو سێ هەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتۆتە خوارەوەو شەستو دوو ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی بیستو سێ هەمەو پاش سورەتی (الإخلاص) و پێش (عبس) دابەزیوە. عەبدوڵای کوڕی مەسعود دەڵێت:{أَوَّلُ سُورَةٍ أُنْزِلَتْ فِيهَا سَجْدَةٌ وَالنَّجْمِ قَالَ فَسَجَدَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَسَجَدَ مَنْ خَلْفَهُ إِلَّا رَجُلًا رَأَيْتُهُ أَخَذَ كَفًّا مِنْ تُرَابٍ فَسَجَدَ عَلَيْهِ فَرَأَيْتُهُ بَعْدَ ذَلِكَ قُتِلَ كَافِرًا وَهُوَ أُمَيَّةُ بْنُ خَلَفٍ/متفق عليه/ یەکەم سورەتێك کە هاتبێتە خوارەوەو سوجدەی تێدابێت سورەتی (النجم) بوە، وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ سوجدەی بردو ئەوەی لە پشتیەوەبون سوجدەیان برد، جگە لە یەك کەس کە هەندێك لە خاکی هەڵگرتو سوجدەی برد بەسەریدا، دەڵێت ئەوەم بینی لە پاشدا بە کافری کوژرا، ئەویش ئومەیەی کوڕی خەلەف بوو.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بەو ئەستێرەی کە بەرەو ئاوابون دەچێت.

(٢) ئەو هاوڕێیەتان کە زۆر بە چاکی دەی ناسن واتە محمد ﷺ نە گومڕابوەو نە لەڕێی ڕاست لای داوە.

(٣) ئەو لە خۆیەوە قسە ناکات.

(٤) ئەو قورئانە جگە لە وەحیەك کە بۆی ڕەوانەکراوە شتێکی تر نییە. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە سونەتی پێغەمبەر ﷺ وەحیەو لە لایەن پەروەردگارەوەیە پێغەمبەران بۆیان بوە کە ئیجتیهاد بکەن، جا ئەگەر لە ئیجتیهادەکەیاندا نەیان پێکابێت خوا ئاگاداری کردونەتەوە، دەی کەواتە لەهەر قسەیەکیان ئاگادار نەکراونەتەوە دیارە پێکاویانەو خودا ئەوەی مەبەستە، جا دەر دەکەوێت کە پێغەمبەران هیچ قسەیەکی ئارەزۆکاریان نەکردوە، چونکە نێردراوی خودانو دەبێ ئەو چۆنی دەوێت ئاوابڵێن بە بێ کەمو زیاد.

(٥) فریشتەیەکی زۆر بە توانا کەجبرەئیلە ﷺ ئەو وەحیەیی لەلایەنی خوداوە هێناوەو بە پێغەمبەری ﷺ گەیاندوەو شارەزای کردوە.

(٦) خاوەنی توانایی زۆرو سەرو سیما جوانو ڕێكو پێك، جا ئەو لەلای سەریەوەی وەستا.

(٧) جا ئەو لە ڕووی ڕۆژهەڵاتەوە لەسەری سەرەوە بو پێغەمبەرمان ﷺ لە ئەشکەوتی حیرادا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسمانەوە جبرەئیلی بینی لەسەر شێوەی خۆی کە بە هەر کوێدا تەماشای دەکرد پڕی کردبوو کە شەش سەد باڵی هەبوە.

(٨) پاشان نزیکبویەوە ئەوسا نزیکتر کەوتەوە.

(٩) بە ئەندازەی دوو کەوانو نزیکتریش.

(١٠) ئەوسا پەروەردگار بەهۆی جبرەئیلەوە وەحی کردە لای بەندەی خۆی کە محمدە ﷺ ئەوەی کە ویستی پێی بگات پێی گەیاند.

(١١) دڵی محمد ﷺ درۆی نەکرد لەوەی بە چاوی بینیبوی. ئیبنوعەباس و کەعب پێیان وایە مەبەست بینینی اللّٰه یە بەلام دایکمان عایشەو ئەبو هورەیرەو ئیبنو مەسعود رایان لەسەر ئەوەیە کە مەبەست بینینی "جبرەیل"ـە. مەسروق دەڵێت دایکمان عایشە وتی: هەرکەس گومانی وابێت کە محمد اللّٰه ی بینیوە بەراستی درۆیەکی گەورەی بەدەم اللّٰه وە درستکردوە، جا منیش وتم: ئایا اللّٰه نافەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ رَآهُ بِالْأُفُقِ الْمُبِينِ/ بەراستی لەراسەریەوەلەلای رۆژهەڵاتەوە بەرونی بینی﴾ ﴿وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى/ بەراستی جارێکی تر بینی ﴾جا ئەویش وتی: أَنَا أَوَّلُ هَذِهِ الْأُمَّةِ سَأَلَ عَنْ ذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺفَقَالَ إِنَّمَا هُوَ جِبْرِيلُ لَمْ أَرَهُ عَلَى صُورَتِهِ الَّتِي خُلِقَ عَلَيْهَا غَيْرَ هَاتَيْنِ الْمَرَّتَيْنِ رَأَيْتُهُ مُنْهَبِطًا مِنَ السَّمَاءِ سَادًّا عِظَمُ خَلْقِهِ مَا بَيْنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ/متفق عليه/ من یەکەم کەسی ئەم ئومەتەم کە ئەو پرسیارەی لەپێغەمبەری خوا ﷺ کردبێت، جا فەرمووی: ئەوەجبرەئیل بوە بینیومە کە نەمدیوە لەسەر ئەو وێنەیە کە دروستکراوە، جگە لەو دووجارە کەدیم لەئاسمانەوە دەهاتە خوار کە گەورەییەکەی نێوان ئاسمان و زەوی پڕ کردبو}

(١٢) ئایا گومانتان هەیە لەوەی کە ئەو دەیبینێت و کێشەی لەگەڵ دەکەن؟

(١٣) سوێند بێت جارێکی تر جبرەئیلی لەسەر شێوەی خۆی بینیوە. ئیبنو مەسعود دەڵێت: {قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺرَأَيْتُ جِبْرِيلَ عَلَى سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى وَلَهُ سِتُّ مِائَةِ جَنَاحٍ / احمد، قال الألباني: إسناده حسن/ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:لەسەر کەناری ئەوپەڕدا جبرەئیلم دی کە شەش سەدباڵی هەبوو} پێغەمبەر ﷺدووجار جبرەئیلی بەو شێوەی کەدروستکراوە بینیوە جارێك لەبەینی زەوی و ئاسماندا و جارێکیش لە شەوی میعراجدا.

(١٤) لەلای (سیدرە المنتهی)دا واتە داری کەناری ئەوپەڕ، پێغەمبەر ﷺ لە باسی شەوی میعراجدا فەرموی: {ثُمَّ رُفِعَتْ إِلَيَّ سِدْرَةُ الْمُنْتَهَى فَإِذَا نَبْقُهَا مِثْلُ قِلَالِ هَجَرَ وَإِذَا وَرَقُهَا مِثْلُ آذَانِ الْفِيَلَةِ قَالَ هَذِهِ سِدْرَةُ الْمُنْتَهَى وَإِذَا أَرْبَعَةُ أَنْهَارٍ /متفق عليه/ پاشان سیدرەتولمونتەها بەرزکرایەوەبۆلام کە بەرەکەی وەکو گۆزەڵە بچوکەکانی هەجەربوو گەڵاکانیشی وەك گوێی فیلان وابو، فەرموی ئەوەیە سیدرەتولمونتەها ولەوێ چوار روباریش بوو}

(١٥) لەلای ئەو دار کەنارەیە باخچەی جێگای گەڕانەوەی فریشتەکان و ڕۆحی شەهیدان و پارێزکاران.

(١٦) ئەو کاتەی کە ئەو کەنارەی داپۆشی ئەوەی کە دایپۆشی لە فریشتەکان و باڵندەو نوری پەروەردگار و شتانی تر.

(١٧) چاو لێی لانەداو سەیری دەکرد، بەڵکو ڕاست چاوی پێ کەوت و لە سنوری خۆی دەرنەچوو.

(١٨) بە راستی زۆرێك لە نیشانە گەورەکانی پەروەردگاری بینیوە. (١٩) ئایا لات و عوزات بینیوە.

(٢٠) جا مەناتی سێهەمی تریشتان بینیوە کە بە خوایان دەزانن پاش ئەو هەمو نیشانە گەورەو بتەوانەی کە باسکران سەبارەت بە تەنهایی و دەسەڵات و زانایی خودا؟!

(٢١) ئایا کوڕ دەبێ بۆ ئێوە بێت کچ بۆ اللّٰه؟!

(٢٢) ئەگەر وابێت ئەوە بەشکردنێکی ستەمکارانەیە، شتێك کە بۆ خۆتان پێتان ناخۆشبێت بۆ خودای دابنێن!

(٢٣) ئەوانە تەنها چەند ناوێکن کە خۆتان و باو باپیرانتان ناوتان بۆ داناون هیچ بەڵگەیەکی بەهێز نەهاتوە لەلایەن خوداوە تا ئەوان بەدەستیوە بگرن، بەڵکو ئەوان هەر پەیڕەوی لە گومان دەکەن و ئەوەی کە نەفس ئارەزۆی دەکات و بە راستی ئەوان لەلایەن پەروەردگاریانەوە ڕێنماییان بۆ هاتبوو لەسەر زمانی پێغەمبەری خودا ﷺ بەلام پشتگوێیان خست.

(٢٤) ئایا مرۆڤ هەرچی ئارەزۆ بکات بۆی دەبێت؟

(٢٥) ئەوسا هەر بۆ خودایە دوارۆژو دنیایش مولکی خۆیەتی و چۆن ئارەزۆ بکات دەیکات و هیچ شتێکی ئەم بوونەوەرە ڕێگای پێ ناگیرێت و ناتوانێت گێرەشێوێنی لەهاتنە دی بڕیارەکانیدابکات.

إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ لَيُسَمُّونَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ تَسۡمِيَةَ ٱلۡأُنثَىٰ ﴿٢٧﴾
وَمَا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّۖ وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغۡنِي مِنَ
ٱلۡحَقِّ شَيۡـٔٗا ﴿٢٨﴾ فَأَعۡرِضۡ عَن مَّن تَوَلَّىٰ عَن ذِكۡرِنَا وَلَمۡ يُرِدۡ إِلَّا ٱلۡحَيَوٰةَ
ٱلدُّنۡيَا ﴿٢٩﴾ ذَٰلِكَ مَبۡلَغُهُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن
سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱهۡتَدَىٰ ﴿٣٠﴾ وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا
فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔواْ بِمَا عَمِلُواْ وَيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ
بِٱلۡحُسۡنَى ﴿٣١﴾ ٱلَّذِينَ يَجۡتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ إِلَّا ٱللَّمَمَۚ
إِنَّ رَبَّكَ وَٰسِعُ ٱلۡمَغۡفِرَةِۚ هُوَ أَعۡلَمُ بِكُمۡ إِذۡ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ
وَإِذۡ أَنتُمۡ أَجِنَّةٞ فِي بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡۖ فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ
بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ﴿٣٢﴾ أَفَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي تَوَلَّىٰ ﴿٣٣﴾ وَأَعۡطَىٰ قَلِيلٗا وَأَكۡدَىٰٓ
﴿٣٤﴾ أَعِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلۡغَيۡبِ فَهُوَ يَرَىٰٓ ﴿٣٥﴾ أَمۡ لَمۡ يُنَبَّأۡ بِمَا فِي صُحُفِ
مُوسَىٰ ﴿٣٦﴾ وَإِبۡرَٰهِيمَ ٱلَّذِي وَفَّىٰٓ ﴿٣٧﴾ أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰ
﴿٣٨﴾ وَأَن لَّيۡسَ لِلۡإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَنَّ سَعۡيَهُۥ سَوۡفَ
يُرَىٰ ﴿٤٠﴾ ثُمَّ يُجۡزَىٰهُ ٱلۡجَزَآءَ ٱلۡأَوۡفَىٰ ﴿٤١﴾ وَأَنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلۡمُنتَهَىٰ
﴿٤٢﴾ وَأَنَّهُۥ هُوَ أَضۡحَكَ وَأَبۡكَىٰ ﴿٤٣﴾ وَأَنَّهُۥ هُوَ أَمَاتَ وَأَحۡيَا ﴿٤٤﴾

(٢٦) لەو ئاسمانانەدا فریشتەگەلێکی زۆر هەن کە شەفاعەتو تکای ئەوان هیچ سوودی نابێت، مەگەر پاش ئەوەی کە خودا خۆی ماوە بدە بۆ کەسێك کە ئارەزۆی لێ بێتو ڕازی بێت لێی. جا ئەمە سەبارەت بەو فریشتانە بێت کە هیچ تاوانێك ناکەن، ئیتر چۆن چاوەڕێ دەکەن لە شتانێك کە خاوەنی هیچ نین شەفاعەتتان بۆ بکەن ئەی نەزانینە؟!

(٢٧) بێگومان ئەوانەی کە باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نیە فریشتەکان بەناوی کچان ناو دەبەنو دەڵێن کچی خودان!

(٢٨) ئەوان هیچ زانیاریەکیان لەلا نیە لەسەر ئەم قسەی خۆیانە، بەلکو هەر دوای گومانی پڕو پوچ کەوتونو گومانیش لە بازاڕی ڕاستیدا هیچ ڕەواجێکی نیەو ناتوانێت جێگای ڕاستی پڕبکاتەوە.

(٢٩) سا تۆش گوێ بەو کەسە مەدە کە لەباسی ئێمە لای داوەو مەبەستی هەر تەنها ژیانی دنیا بوە. پێغەمبەرمان ﷺ لە دوعایەکیدا فەرمویەتی:{اللهمَّ لا تَجعَلِ الدُّنيا أكبَرَ هَمِّنا وَلا مَبلَغَ عِلمِنا/ ئەی خودایە دنیا مەکە بە گەورەترین مەبەستمانو نیهایەتی زانستمان}

(٣٠) ئەوەیە ئەوپەڕی ئاواتیان لە زانیاری کە خۆشیو ژیانی دنیایان دەستکەوێت، بێگومان پەروەردگارت هەر خۆی زاناترە بەو کەسەی کە لەڕێی ئەو لای داوەو هەر ئەویشە زاناتر بەو کەسەی کە ڕێگای ئەوی گرتوە.

(٣١) ئەوسا هەر بۆ خودایەو موڵکی ئەوە ئەوەی کە لەناو ئاسمانانو لەناوی زەویدایە تا تۆڵە وەرگرێت لەو کەسانەی کە خراپەیان کردوە بەهۆی ئەو کارە خراپانەی کە کردویانەنو بەو کەسانەیش کە چاکەیان کردوە بەهەشت خۆیان پێ بدات کە زۆر چاکترە لە کردارە چاکەکانیان، ئەو کەسانە چۆنن کە خودا ئەو چاکە گەورەیان لەگەڵ دەکات؟ دەفەرموێ:

(٣٢) ئەو کەسانەن کە لە گوناهە گەورەکان خۆیان دەپارێزنو تاوان ناکەن، جگە لە تاوانە بچوکەکان کە بێگومان پەروەردگارت لێبوردنی فراوانە.ئیبنو عەباس دەڵێ: {مَا رَأَيْتُ شَيْئًا أَشْبَهَ بِاللَّمَمِ مِمَّا قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ عَلَى ابْنِ آدَمَ حَظَّهُ مِنْ الزِّنَا أَدْرَكَ ذَلِكَ لَا مَحَالَةَ فَزِنَا الْعَيْنِ النَّظَرُ وَزِنَا اللِّسَانِ الْمَنْطِقُ وَالنَّفْسُ تَمَنَّى وَتَشْتَهِي وَالْفَرْجُ يُصَدِّقُ ذَلِكَ كُلَّهُ وَيُكَذِّبُهُ/ متفق عليه/ نەمدیوە هیچ شتێك زیاتر لە لەمەم بچێت، جگە لەوەی کە ئەبوهورەیرە لەپێغەمبەرەوە ﷺ هێناویەتی کە: بێگومان خوا لەسەر هەمو بنیامێك بەشی خۆی لە زینا داناوە کەبێگومان پێی دەگات، جا زینای چاو تەماشاکردنی نامەحرەمەو زینای زمان قسەی نابەجێکردنە لەگەل نامەحرەمداو نەفس ئاواتی خراپە دەخوازێتو ئارەزۆی دەکاتوعەورەتیش یان ئەوانە هەمو دێنێتە دی یان بەدرۆی دەخاتەوە}.هەر خۆی زاناترە بە ئێوە ئەو کاتەی کە لەم زەویە دروستیکردن و هەر ئەو زاناترە بە ئێوە ئەو کاتەی کە ئێوە کۆرپەلەبون لەناو سکی دایکتاندا، جا کەواتە ئێوە خۆتان پاکانە بۆ خۆتان مەکەن هەر ئەو خۆی زاناترە بەو کەسەی کە لێی دەترسێت، پاداشتی هەمویان بەگوێرەی کرداری خۆیان دەداتەوە چاکە بە چاکەو خراپە بە خراپە. ئەبوبەکرە دەڵێت: پیاوێك لەلای پێغەمبەردا ﷺ

هات بەباس‌و سەنای پیاوێکی تردا، جا پێغەمبەر فەرموی:
{وَيْلَكَ قَطَعْتَ عُنُقَ صَاحِبِكَ قَطَعْتَ عُنُقَ صَاحِبِكَ مِرَارًا ثُمَّ قَالَ
مَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَادِحًا أَخَاهُ لاَ مَحَالَةَ فَلْيَقُلْ أَحْسِبُ فُلاَنًا وَاللَّهُ
حَسِيبُهُ وَلاَ أُزَكِّي عَلَى اللَّهِ أَحَدًا أَحْسِبُهُ كَذَا وَكَذَا إِنْ كَانَ يَعْلَمُ
ذَلِكَ مِنْهُ. /متفق عليه/ وای بۆ تۆ ملی ڕەفیقەکەتت شکاند،ملی
هاوڕێکەتت شکاند،چەند جارێکی فەرمووەوە، پاشان
فەرموی: هەر کام لەئێوە هەرناچارەو دەیەوێ تاریفی
برایەکی خۆی بکات، سابا بڵێت: وا گومانەکەم فلان کەس
کەخوا وای بۆ حیساب بکات و پاکانەی کەس ناکەم بۆ خوا
من ئاواو ئاوای دەزانم ئەگەر شتێکی لێ دەزانی}.

(٣٣) ئایا تۆ ئەو کەسەت بینی کە پشتی لە ئایین کرد.

(٣٤) کەمێك لە ماڵی دەبەخشی‌و ئیتر دەست دەگرێتەوە لەو
بەخشینە، وەکو ئەو کەسەی کە بیرێك هەڵکەنێت، پاشان
بگات بە بەردێکی سەخت‌و واز لە بیرەکە بهێنێت.یان کەم
دەبەخشێت‌و زۆر کۆدەکاتەوە.

(٣٥) ئایا ئەو زانیاری شاراوەی لەلایە ئەوسا ئەو بۆ خۆی
شت بزانێت‌و ببینێت‌و بڕیاربدات؟ ئەوە بەرپەرچدانەوەی
ئەو کەسانەیە کە دەڵێن فلانە کەس شەفاعەتمان بۆ دەکات
یان لە قیامەتدا ئەگەر ڕاست بێت ئێمە وەزعمان باش
دەبێت.

(٣٦) یان ئایا لەوە ئاگادار نەکراون کە لەناو پەڕەکانی
موسادا چی نوسراوە.

(٣٧) وە لە پەڕەکانی ئەو ئیبراهیمەی کە زۆر نەمەکناس‌و
بەوەفابوە؟ کە ئەویش ئەمەیە.

(٣٨) کە هیچ کەسێکی تاوانبار تاوانی کەسێکی تر
هەڵناگرێت.

(٣٩) جا بۆ مرۆڤ جگە لەوەی کە کۆششی بۆ بکات شتێکی
تری دەست ناکەوێت.

(٤٠) سا بێگومان ڕەنج‌و زەحمەتی ئەو دەبینرێت‌و پاداشتی
خۆی دەست دەکەوێت. وتراوە ئەمە بۆ بێ باوەڕانەو
مرۆڤی باوەڕدار لە چاکەو دوعاو شەفاعەتی دوارۆژ سود
بەیەکتر دەگەیەنن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إِذَا مَاتَ

وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰ ﴿٤٥﴾ مِن نُّطۡفَةٍ إِذَا تُمۡنَىٰ ﴿٤٦﴾ وَأَنَّ
عَلَيۡهِ ٱلنَّشۡأَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰ ﴿٤٧﴾ وَأَنَّهُۥ هُوَ أَغۡنَىٰ وَأَقۡنَىٰ ﴿٤٨﴾ وَأَنَّهُۥ هُوَ رَبُّ
ٱلشِّعۡرَىٰ ﴿٤٩﴾ وَأَنَّهُۥٓ أَهۡلَكَ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ ﴿٥٠﴾ وَثَمُودَاْ فَمَآ أَبۡقَىٰ ﴿٥١﴾
وَقَوۡمَ نُوحٍ مِّن قَبۡلُۖ إِنَّهُمۡ كَانُواْ هُمۡ أَظۡلَمَ وَأَطۡغَىٰ ﴿٥٢﴾ وَٱلۡمُؤۡتَفِكَةَ
أَهۡوَىٰ ﴿٥٣﴾ فَغَشَّىٰهَا مَا غَشَّىٰ ﴿٥٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكَ تَتَمَارَىٰ ﴿٥٥﴾
هَٰذَا نَذِيرٌ مِّنَ ٱلنُّذُرِ ٱلۡأُولَىٰٓ ﴿٥٦﴾ أَزِفَتِ ٱلۡأٓزِفَةُ ﴿٥٧﴾ لَيۡسَ لَهَا مِن
دُونِ ٱللَّهِ كَاشِفَةٌ ﴿٥٨﴾ أَفَمِنۡ هَٰذَا ٱلۡحَدِيثِ تَعۡجَبُونَ ﴿٥٩﴾ وَتَضۡحَكُونَ
وَلَا تَبۡكُونَ ﴿٦٠﴾ وَأَنتُمۡ سَٰمِدُونَ ﴿٦١﴾ فَٱسۡجُدُواْۤ لِلَّهِۤ وَٱعۡبُدُواْ۩ ﴿٦٢﴾

٥٤ سُورَةُ القَمَر ٥٥

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ﴿١﴾ وَإِن يَرَوۡاْ ءَايَةً يُعۡرِضُواْ
وَيَقُولُواْ سِحۡرٌ مُّسۡتَمِرٌّ ﴿٢﴾ وَكَذَّبُواْ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهۡوَآءَهُمۡۚ
وَكُلُّ أَمۡرٍ مُّسۡتَقِرٌّ ﴿٣﴾ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مِّنَ ٱلۡأَنۢبَآءِ
مَا فِيهِ مُزۡدَجَرٌ ﴿٤﴾ حِكۡمَةُۢ بَٰلِغَةٌۖ فَمَا تُغۡنِ ٱلنُّذُرُ
﴿٥﴾ فَتَوَلَّ عَنۡهُمۡۘ يَوۡمَ يَدۡعُ ٱلدَّاعِ إِلَىٰ شَيۡءٍ نُّكُرٍ ﴿٦﴾

الْإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثَةٍ إِلَّا مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أَوْ
عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ/مسلم وغيره/ هەرکاتێ مرۆڤ
مرد کردارەکەی دەبچڕێت مەگەر لەسێ لاوە مەگەر لە
چاکەیەکی بەردەوامدا یان زانیارییەك کەپاش خۆی سودی
هەبێت یان منداڵێکی چاکی کە دوعای خێری بۆ بکات} جا
ئەوەی کە لەم فەرمودەدا هاتوە لە ڕاستی دا لە هەوڵ‌و
تیکۆشانی مردوەکەیە وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ
أَطْيَبَ مَا أَكَلَ الرَّجُلُ مِنْ كَسْبِهِ وَإِنَّ وَلَدَهُ مِنْ كَسْبِهِ/ النسائي،
صححه الألباني / بێگومان پاکترین خواردن کە پیاو دەیخوات
ئەو خواردنەیە کەبە کارو تەلاشی خۆی بەدەستی هێناوەو
بێگومان منداڵەکەی لەکارو تەلاشی خۆیەتی}.

(٤١) بە پاداشتێکی تێرو تەواوتر پاداشتی دەدرێتەوە.

(٤٢) جا بێگومان گەڕانەوەیش هەر بۆ لای پەروەردگارتە.

(٤٣) خۆ بێگومان کە هەر ئەوە شتی وات بۆ دەکات کە
پێبکەنیت و هەر ئەویشە دەتگریێنێت. واتە ئەو هۆیانە
کە شادمانت بکەن‌و پێبکەنیت و ئەوەش کە بتگریێنێت
هەر بەدەستی ئەوەو کەسی تر شتی پێ ناکرێت لەو بارەوە
ئەگەر ئارەزۆی خودای لەسەر نەبێت.

(٤٤) سا بێگومـان هـەر خۆیـەتی دەمرێنێـتو زینـدویش
دەكاتەوە.
(٤٥) خۆ بێگومان هەر ئەوە كـە جووتـەكان كـە نێـرو مێیـە
دروست دەكات،
(٤٦) لە ئاوێك ئەوكاتـەی كـە فـڕێ دەدرێتـە نـاو ڕەحمـەوە.
ئەم ئایەتـە ئامـاژە بـەوە دەكـات ئـاوی پیـاوە كـە نێـرو مـێ
بونی منداڵ دیاری دەكاتو زانستی ئەمڕۆش ئەوەی زانیوە.
(٤٧) جا بێگومان هەر لەسەر خۆیەتی جارێكی تـر دروسـتی
بكاتەوە بۆ حیسابو پاداشتو تۆڵە.
(٤٨) خـۆ بێگومـان كـە هـەر ئەویشـە دەوڵەمەنـد دەكـاتو
سەرمایەی زۆریش دەدات.
(٤٩) سا بێگومان ئەو هەر خۆیەتی پەروەردگاری گەلاوێژ،
(٥٠) خـۆ بێگومـان كـە هـەر ئەویشـە كـەعادی یەكـەمی
لەناوبردوە.
(٥١) جا سەمودیشی لەناوبرد و هیچی نەهێشتەوە لێیـانو
هەموی تەفروتوناو ڤڕكردن.
(٥٢) خـۆ لەپێشدا گـەلی نوحیشـی لـەناوبرد كـە بەڕاسـتی
ئەوان ستەمكارترو سەركەشتر بون لەمانی پاش خۆیان.
(٥٣) ئەوسا ئاواییەكانی گەلی لوتیشی سەروبن كرد.
(٥٤) جـا دایپۆشـی ئـەوەی كەبشـێ بـۆ داپۆشـین. لـە بـەرد
بارانو پاشان سزای پـاش مـەرگیان كەهـەر خـودا بـۆ خـۆی
دەزانێت چیان پێكرابێت.
(٥٥) سـا تـۆ ئـەی بیسـەر بـە كـام یـەكێ لـە چـاكەكانی
پەروەردگارت گومانت هەیە؟
(٥٦) ئـەوە ترسـێنەرێكە لـەریزی ترسـێنەرانی پێشـوو
گومانتان لە ڕاستیو دروستی خۆیو پەیامەكەیدا نەبێت.
(٥٧) ڕۆژی زیندوبونەوە نزیك بویەوە.
(٥٨) بێجگـە لـە (ٱللَّهُ) كـەس ناتوانێـت پـەردە لەسـەرزانینی
ئەو كاتە لاداتو كاتی هاتنی بە وردی دیاری بكات،
(٥٩) ئایا ئێوە لەو قسەیەكە قورئانە سەرتان سوڕدەمێنێت
(٦٠) جا پێدەكەننو گاڵتەی پێ دەكەنو ناگرین؟!
(٦١) ئەوسا ئێوە بێ ئاگانو پشت لـەو قورئانـە دەكـەنو بـە
شـتی پـڕو پوچـیوەك گـۆرانیو هەڵپەرکـەو چـەپڵەرێزان
خۆتان خەریك دەكەن؟
(٦٢) دەسا سوجدە ببەن بۆ ٱللَّهُ ﷻ ئەو زاتەی كە دروستی
كردونو هەر بەندایەتی ئەو بكەنو واز لـە بـتو شـەیتانو
شەیتان سیفەتان بهێنن.

(٥٤) سورەتی قەمەر (٥٥)

سورەتی قەمەر یان (اقْتَرَبَتِ) كە سورەتی پەنجاو
چوارهەمی قورئانە لە مەكەدا هاتووەتە خوارەوە، وتراوە
جگە لە ئایەتی ﴿ سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ... ﴾ بەڵام دایكی
باوەڕداران عایشە دەڵێت: {نَزَلَتْ بِمَكَّةَ وَأَنَا جَارِيَةٌ أَلْعَبُ: ﴿ بَلِ
ٱلسَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ ﴾ الآيَة " . وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی
سی و حەوتەمەو پاش سورەتی (الطارق) و پێش (ص)
دابەزیوە. ئەم سورەتە پەنجاو پێنج ئایەتە.
ئیمامی بوخاری هێناویەتی لە ئەنەسەوە كە خەڵكی مەكە
داوایان كرد لە پێغەمبەر ﷺ كە موعجیزەیەكیان پیشان
بدات، جا ئەویش هێمای بۆ مانگ كردو كردی بە دوو
بەشەوەو بینیان كە چیای حیرا كەوتوەتە نێوانی ئەو دوو
لەتەوە.

بەناوی ٱللَّهُ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) قیامەت نزیك بۆتەوەو مانگ بوو بەدوو لەتەوە، لە
فەرمودەدا هاتوە كە پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی: {بُعِثْتُ
وَالسَّاعَةُ هَكَذا/متفق علیه/ ڕەوانە كراومو لەگەڵ هاتنی
قیامەتدا ئاواین هێمای كرد بە دوو پەنجەی ناوەڕاستو
شایەتمان} وە هەروەها دەفەرموێ: {اقْتَرَبَتِ السَّاعةُ وَلا يَزْدَادُ
النَاسُ على الدُّنيا إلا حِرصاً وَلا يَزدادونَ مِن اللهِ إلا بُعداً /السلسلة
الصحیحة/ قیامەت نزیكبویەوە كەچی خەڵكی هەرسورە
لەسەر ژیانی دنیاو هەر لەخوا دوردەكەونەوە}
(٢) خۆ هەر بەڵگەیەك دەبینن لەسەر ڕاستیو دروستی
ئەم پەیامەو پێغەمبەرمان ﷺ پشتی تێدەكەنو دەست بە
هەڵبەستنی درۆو قسەی پڕو پوچ دەكەن سەبارەت بەو
زاتەو پەیامەكەیو دەڵێن: جادوویەكی بەهێزو بتەوەو

بەردەوامە. یان گوێی پێ مەدەن جادوویەکەو دەڕواتو نامێنێت.

(٣) وە بە درۆیان خستەوەو دوای ئارەزۆکانی خۆیان کەوتنو هەموو کارێکیش کاتی دیاری خۆی هەیە. یان هەمو کارێك ئارامگرە بە خاوەنەکەی لە بەهەشتدا یان لە دۆزەخ.

(٤) جا بە ڕاستی ئەوەندە هەواڵو دەنگوباسی پێشویان پێگەیشتوەو بیستویانە کە بەس بوو بۆ ئەوەی لە تاوانو دژایەتی پێغەمبەر ﷺ و پەیامەکەی وازبهێنن.

(٥) کە ئەمە ئەوپەڕی داناییو کار بەجێیەو دەگات بەجێگای مەبەست، بەڵام ئەم ترسێنەرانە سوودیان پێ نەدان چونکە بەگوێیان نەکردن.

(٦) سا تۆش گوێیان پێ مەدە، ئەو ڕۆژەی کە بانگ کەر بانگ دەکات بۆ شتێك کە بەدڵیان نیە، کەزیندوبونەوەو وەرگرتنی نامەی کردارو حەشرو حیسابە، بەڵکو ئاوات دەخوازن کە نە نامەیان پێ بدرایەو نە زیندو بونایەوە.

(٧) کزو چاوشۆڕن کە لە گۆڕستان دێنە دەرەوە، بەڕاستی هەروەکو کوللە وان کەبڵاوبوبێتەوە بەودەشتو دەرەدا ، هەمو مرۆڤ بەرەو زەوی مەحشەر دێن.

(٨) بەپەلە ملیان بەرزدەکەنەوە بەرەو بانگ کەرەکە، جا خوانەناسان دەڵێن: ئەمە ڕۆژێکی سەختە.

(٩) پێش ئەوانیش گەلی نوح باوەڕیان نەبوو، جا باوەڕیان بە بەندەی ئێمە نەکردو وتیان: شێتەو بەرگریان لێکرد لە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی.

(١٠) جا ئەویش هانای برد بۆ پەروەردگاریو وتی: بەڕاستی من شکستم خوارد لە هێزو توانادا نەك لە قسەو بەڵگەدا، داوات لێ دەکەم تۆڵەم بۆ بستێنە لەو گەلە خوانەناسە، بەڵێ پەروەردگار نزاکەی وەرگرتو فرمانی سزادانی دان.

(١١) ئەوسا بۆ هاتنە خوارەوەی ئاوێکی زۆرو بە لێزمە دەرگاکانی ئاسمانمان خستە سەرپشتو ئاومان ڕژاندە خوارەوە.

خُشَّعًا أَبۡصَٰرُهُمۡ يَخۡرُجُونَ مِنَ ٱلۡأَجۡدَاثِ كَأَنَّهُمۡ جَرَادٞ مُّنتَشِرٞ ﴿٧﴾
مُّهۡطِعِينَ إِلَى ٱلدَّاعِۖ يَقُولُ ٱلۡكَٰفِرُونَ هَٰذَا يَوۡمٌ عَسِرٞ ﴿٨﴾ ۞ كَذَّبَتۡ
قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ نُوحٖ فَكَذَّبُواْ عَبۡدَنَا وَقَالُواْ مَجۡنُونٞ وَٱزۡدُجِرَ ﴿٩﴾ فَدَعَا
رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَغۡلُوبٞ فَٱنتَصِرۡ ﴿١٠﴾ فَفَتَحۡنَآ أَبۡوَٰبَ ٱلسَّمَآءِ بِمَآءٖ مُّنۡهَمِرٖ
﴿١١﴾ وَفَجَّرۡنَا ٱلۡأَرۡضَ عُيُونٗا فَٱلۡتَقَى ٱلۡمَآءُ عَلَىٰٓ أَمۡرٖ قَدۡ قُدِرَ ﴿١٢﴾
وَحَمَلۡنَٰهُ عَلَىٰ ذَاتِ أَلۡوَٰحٖ وَدُسُرٖ ﴿١٣﴾ تَجۡرِي بِأَعۡيُنِنَا جَزَآءٗ لِّمَن كَانَ
كُفِرَ ﴿١٤﴾ وَلَقَد تَّرَكۡنَٰهَآ ءَايَةٗ فَهَلۡ مِن مُّدَّكِرٖ ﴿١٥﴾ فَكَيۡفَ كَانَ
عَذَابِي وَنُذُرِ ﴿١٦﴾ وَلَقَدۡ يَسَّرۡنَا ٱلۡقُرۡءَانَ لِلذِّكۡرِ فَهَلۡ مِن مُّدَّكِرٖ
﴿١٧﴾ كَذَّبَتۡ عَادٞ فَكَيۡفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ﴿١٨﴾ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ
رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِي يَوۡمِ نَحۡسٖ مُّسۡتَمِرّٖ ﴿١٩﴾ تَنزِعُ ٱلنَّاسَ كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ
نَخۡلٖ مُّنقَعِرٖ ﴿٢٠﴾ فَكَيۡفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ﴿٢١﴾ وَلَقَدۡ يَسَّرۡنَا ٱلۡقُرۡءَانَ
لِلذِّكۡرِ فَهَلۡ مِن مُّدَّكِرٖ ﴿٢٢﴾ كَذَّبَتۡ ثَمُودُ بِٱلنُّذُرِ ﴿٢٣﴾ فَقَالُوٓاْ أَبَشَرٗا
مِّنَّا وَٰحِدٗا نَّتَّبِعُهُۥٓ إِنَّآ إِذٗا لَّفِي ضَلَٰلٖ وَسُعُرٍ ﴿٢٤﴾ أَءُلۡقِيَ ٱلذِّكۡرُ عَلَيۡهِ
مِنۢ بَيۡنِنَا بَلۡ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٞ ﴿٢٥﴾ سَيَعۡلَمُونَ غَدٗا مَّنِ ٱلۡكَذَّابُ
ٱلۡأَشِرُ ﴿٢٦﴾ إِنَّا مُرۡسِلُواْ ٱلنَّاقَةِ فِتۡنَةٗ لَّهُمۡ فَٱرۡتَقِبۡهُمۡ وَٱصۡطَبِرۡ ﴿٢٧﴾

(١٢) چاوگە ئاوەکانی زەویشمان هەڵقوڵاند، ئینجا ئاو گەینە یەك بە گوێرەی ئەوەی کە بڕیاری بۆ درا بوو ڕوی زەوی هەموی بو بە دەریا.

(١٣) جا نوح ﷺ و پەیڕەوانیمان لەسەر کەشتی بە بزمار دروستکراو هەڵگرت.

(١٤) کە لەژێر چاودێری خۆماندا دەڕۆیشتو خوانەناسانمان بەوئاوە بن ئاو کردو لەناومان بردن کە ئەوە تۆڵەیەك بو بۆ ئەو کەسەی کە خوانەناس بو.

(١٥) جا بە ڕاستی ئەو ڕووداوەمان هێشتەوە کە نیشانەیەك بێت بۆ خەڵکی پاش خۆی ئاخۆ کەسێك هەیە بیرلەم ڕوداوە بکاتەوەو سوودی لێ وەربگرێت؟

(١٦) دەسا سزاو ترساندنەکانم چۆن بوو هاتەدی یان قسەیەکی نەزۆك بو؟ کێ سەرکەوتو کێ لەناوچوو؟

(١٧) خۆ بەڕاستی ئەم قورئانە ئاسان دەکەین بە شێوەیەك کە هەمو کەسێکی ژیر دەتوانێت لێی تێبگات، جا ئایا کەسێك هەیە کە بیربکاتەوەو سوود لەم قورئانە

وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ ٱلْمَآءَ قِسْمَةٌۢ بَيْنَهُمْ ۖ كُلُّ شِرْبٍ مُّحْتَضَرٌ ﴿٢٨﴾ فَنَادَوْا۟ صَاحِبَهُمْ
فَتَعَاطَىٰ فَعَقَرَ ﴿٢٩﴾ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِى وَنُذُرِ ﴿٣٠﴾ إِنَّآ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ
صَيْحَةً وَٰحِدَةً فَكَانُوا۟ كَهَشِيمِ ٱلْمُحْتَظِرِ ﴿٣١﴾ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ
لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿٣٢﴾ كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍۭ بِٱلنُّذُرِ ﴿٣٣﴾ إِنَّآ أَرْسَلْنَا
عَلَيْهِمْ حَاصِبًا إِلَّآ ءَالَ لُوطٍ ۖ نَّجَّيْنَٰهُم بِسَحَرٍ ﴿٣٤﴾ نِّعْمَةً مِّنْ عِندِنَا ۚ
كَذَٰلِكَ نَجْزِى مَن شَكَرَ ﴿٣٥﴾ وَلَقَدْ أَنذَرَهُم بَطْشَتَنَا فَتَمَارَوْا۟
بِٱلنُّذُرِ ﴿٣٦﴾ وَلَقَدْ رَٰوَدُوهُ عَن ضَيْفِهِۦ فَطَمَسْنَآ أَعْيُنَهُمْ فَذُوقُوا۟
عَذَابِى وَنُذُرِ ﴿٣٧﴾ وَلَقَدْ صَبَّحَهُم بُكْرَةً عَذَابٌ مُّسْتَقِرٌّ ﴿٣٨﴾
فَذُوقُوا۟ عَذَابِى وَنُذُرِ ﴿٣٩﴾ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ
﴿٤٠﴾ وَلَقَدْ جَآءَ ءَالَ فِرْعَوْنَ ٱلنُّذُرُ ﴿٤١﴾ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا كُلِّهَا فَأَخَذْنَٰهُمْ
أَخْذَ عَزِيزٍ مُّقْتَدِرٍ ﴿٤٢﴾ أَكُفَّارُكُمْ خَيْرٌ مِّنْ أُو۟لَٰٓئِكُمْ أَمْ لَكُم بَرَآءَةٌ
فِى ٱلزُّبُرِ ﴿٤٣﴾ أَمْ يَقُولُونَ نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنتَصِرٌ ﴿٤٤﴾ سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ
وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴿٤٥﴾ بَلِ ٱلسَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَٱلسَّاعَةُ أَدْهَىٰ وَأَمَرُّ
﴿٤٦﴾ إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى ضَلَٰلٍ وَسُعُرٍ ﴿٤٧﴾ يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِى ٱلنَّارِ
عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا۟ مَسَّ سَقَرَ ﴿٤٨﴾ إِنَّا كُلَّ شَىْءٍ خَلَقْنَٰهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾

وەربگرێت؟ واتە با پەندی لێ وەرگرن هەتا دوچاری سەختیو بەڵا نەبون.

(١٨) گەلی عادیش باوەڕیان نەهێنا بە هود عليه السلام سا چۆن بوو سزاو ترساندنی من بۆیان.

(١٩) بێگومان ئێمە بایەکی دەنگ گەورەی ساردمان بۆ ڕەوانەکردن لە کاتێکی شوومدا بە بەردەوامی لەماوەی حەوت شەوو هەشت ڕۆژدا.

(٢٠) کە خەڵکی لەناو کەندرو چاڵەکانیاندا هەڵدەکەندو دەیکوشتن دەتوت لاسکی داری خورمان هەڵکەندراون بە ڕیشەوە.

(٢١) سا بزانە سزاو ترساندنی من چۆن بوو بۆیان، سەرکەوتن لەو دژایەتیەدا یان تەفروتونا کرانو لەناوچوون؟

(٢٢) جا بەراستی ئەم قورئانە ئاسان دەکەین بە شێوەیەك کە هەمو کەسێکی ژیر دەتوانێت لێی تێبگات، جا ئایا کەسێك هەیە کە بیربکاتەوەو سوود لەم قورئانە وەربگرێت؟ واتە با پەندی لێ وەرگرن هەتا دوچاری سەختیو بەڵا نەبوون.

(٢٣) گەلی سەموودیش باوەڕیان نەکرد بەترسێنەرەکان کە ساڵح عليه السلام پێغەمبەریان بوو.

(٢٤) جا وتیان: ئایا شوێن تاکە مرۆڤێکی خۆمان بکەوین؟ ئەگەر ئاوەها کارێك بکەین، بێگومان ئێمە لە گومڕاییو شێتیداین.

(٢٥) ئایا لەناو ئەم هەمو خەڵکەی ئێمەدا فرمانی خودا بەو دەدرێت؟ نەخێر باوەڕناکەین بەڵکو ئەو درۆزنە لەو قسەیەی کە دەیکاتو خۆبەزلزانە. جا پەروەردگار بەدەمیاندا دەداتەوەودەفەرموێ:

(٢٦) سبەینێ دەزانن کێ درۆزنو خۆبەزلزانەواتە پاش مەرگ، بەڵام لەلای خودا ئەوەندەنزیکە بەبەیانی ناوی دەبات.

(٢٧) بێگومان ئێمە ئەو وشترەی کە ئەوان داوایان کرد وەکو موعجیزەیەك لە بەردێك کە خۆیان چاویان لێ بوو دەرمان هێنا بۆیان ڕەوانە دەکەین تا تاقی کردنەوەیەك بێت بۆیان سا تۆ چاودێریان بەو خۆتبگرە.

(٢٨) جا هەواڵیان پێ بدە کە ئەو ئاوەی هەیانە لەناویاندا بەشکراوە، ڕۆژێك بۆ ئەوانو ڕۆژێکیش بۆ وشترەکەیە بەڵام ئەوان لە هەردوو جارەکەدا ئامادەدەبن لەوێ ئەو ڕۆژەی بەشە ئاوی خۆیانە ئەوە هیچ ئەو ڕۆژەیش کە بەشە ئاوی وشترەکەیە ئەوان لەوێ دەبن بۆ دۆشینی وشترەکەو دابەشکردنی شیرەکەی بەسەر خۆیاندا، کەچی بەمەش هەر ڕازی نەبون بەڵکو بیریان لەناوبردنی وشترەکە کردەوەو سەرەنجام بڕیاری لەناو بردنیان دا وەك دەفەرموێ:

(٢٩) جا ئەوان هاوڕێکەی خۆیانیان بانگ کردو ڕایان سپارد بۆ کوشتنی ئەو وشترە، سا ئەویش بە بڕیاری ئەوان دەستیدایە شیرو سەری بڕی!

(٣٠) سا بزانە سزاو ترساندنی من چۆن بوو بۆیان، سەرکەوتن لەو دژایەتیەدا یان تەفروتونا کرانو لەناوچون؟

٣١ بێگومان یەك نەعرەتمان لێدان، ئەوسا هەموویان
چەن‌ومل کەوتن وەك داری وردکراوی پەچەکەر چۆن
کابرای پەچەکەر دارەکان لەنێوان تێلاکاندا دەچەمێنێتەوە
بەم دیو بەو دیوداو ئەوی بێ کەلکبێ دەکەوێو لەژێرپێی
دا ورد دەبێت ئاوایان لێ هات.

٣٢ جا بەراستی ئەم قورئانە ئاسان دەکەین بە شێوەیەك
کە هەمو کەسێکی ژیر دەتوانێت لێی تێبگات، جا ئایا
کەسێك هەیە کە بیر بکاتەوەو سوود لەم قورئانە
وەربگرێت؟ واتە با پەندی لێ وەرگرن هەتا دوچاری
سەختیو بەلا نەبوون.

٣٣ گەلی لوتیش باوەڕیان بە ترسێنەران نەکرد کە لوت
عليه السلام پێغەمبەریان بوو، جا خوا دەفەرموێ:

٣٤ بێگومان ئێمە بەرد بارانمان کردن جگە لە ئالی لوت کە
لە پێش ڕۆژبوونەوەدا ڕزگارمان کردن لەو بەلایە،

٣٥ ئەمەش چاکەیەك بوو لەلایەن ئێمەوە، هەر ئاوەهایش
پاداشتی سوپاسگوزاران دەدەینەوە.

٣٦ بە راستی ترساندنی لە زەبری لێدانی ئێمە کەچی
ئەوان گومانیان بوو لە ترسێنەرەکانو باوەڕیان پێ
نەکردن.

٣٧ خۆ بەراستی لەبارەی میوانەکانیەوە زۆر بگرەو
بەردەیان لەگەڵدا کرد، جا چاوەکانیانمان لێ سەندنەوە،
چونکە دەیانویست کە خراپە لەگەڵ میوانەکانیدا بکەن،
جا پێیان وترا: دەسا بچەژن سزای من و تۆڵەی
ترساندنەکانم چونکە باوەڕتان نەبوپێی.

٣٨ سا بەراستی لەکاتی بەیانی زوودا سزای بەردەوامیان
بۆ هات کە ئەم سزایە بەردەوام بو تا گەیاندنی بە سزای
قەبرو پاشان حیسابو پاشان دۆزەخ، جا پێیان وترا:

٣٩ دەی سا بچەژن سزای منو تۆڵەی گوێ نەدان بە
ترساندنەکانم.

٤٠ جا بەراستی ئەم قورئانە ئاسان دەکەین بە شێوەیەك
کە هەمو کەسێکی ژیر دەتوانێت لێی تێبگات، جا ئایا
کەسێك هەیە کە بیربکاتەوەو سوود لەم قورئانە
وەربگرێت؟ واتە با پەندی لێ وەرگرن هەتا دوچاری
سەختیو بەلا نەبوون.

٤١ جا بێگومان کە ترسێنەران هاتنە لای فیرعەونو
دەستو دایرەکەی.

٤٢ کە باوەڕیان نەکرد بە هەمو نیشانەکانی ئێمە، سا
ئێمەش لە تۆڵەی ئەو لاساریو خۆبەزلزانیو تاوانانەیاندا
گرتنمان بە گرتنی دەسەڵاتدارێکی بە توانای وا کە هیچ
شتێکی لە دەست دەرنەچێت، کەبە ئاوی نیل خنکاندنی
پاش ڕزگارکردنی موساعليه السلامو پەیڕەوانی، ئینجا ڕو
بەکافرانی ئەم ئومەتە دەکاتو دەفەرموێ:

٤٣ ئایا خوانەناسانی ئێوە چاکترن لەوانە؟ یان ئایا ئێوە لە
پەڕاوەکاندا بڕیاری بێ تاوانیتان بۆ هاتوە وا ئەوەندە لە
خۆتان بایین؟

٤٤ یان ئایا ئێوە دەڵێن: کە ئێمە کۆمەڵێکی زۆری
یەکدەستو بە توانایینو سەرکەوتوو دەبین بەسەر محمد
ﷺ وپەیڕەوانیدا؟ بەڕاستی هیچکام لەوانە نین.

٤٥ بەم زوانە ئەم کۆمەڵەی ئێوە تێکدەشکێتو پشت تێ
دەکەنو ڕادەکەن،

٤٦ نەك هەر ئەوە بەڵکو قیامەتیش بەڵێنگایانەو
بەڕاستی بارودۆخیان لە قیامەت گەورەترو تاڵترە لەم
تێکشکانەی دنیایان.

٤٧ بەبێگومان تاوانباران لە گومڕاییو شێتیدان لە دنیاداو
لەناو ئاگری بڵێسەدارو تونددان لە پاشەڕۆژدا،

٤٨ ئەو ڕۆژەی کە لەسەر دەمو چاویاندا بەناو ئاگردا
ڕادەکێشرێن وپێیان دەوترێت: بچەژن ئاگری گەیشتن بە
سەقەر. لە فەرمودەی سەحیدا کە ئیمامی بوخاریو

وَمَآ أَمۡرُنَآ إِلَّا وَٰحِدَةٞ كَلَمۡحِۢ بِٱلۡبَصَرِ (٥٠) وَلَقَدۡ أَهۡلَكۡنَآ
أَشۡيَاعَكُمۡ فَهَلۡ مِن مُّدَّكِرٖ (٥١) وَكُلُّ شَيۡءٖ فَعَلُوهُ
فِي ٱلزُّبُرِ (٥٢) وَكُلُّ صَغِيرٖ وَكَبِيرٖ مُّسۡتَطَرٌ (٥٣) إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ
فِي جَنَّٰتٖ وَنَهَرٖ (٥٤) فِي مَقۡعَدِ صِدۡقٍ عِندَ مَلِيكٖ مُّقۡتَدِرِۭ (٥٥)

سُورَةُ الرَّحْمَٰنِ ٥٥ — ٧٨

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلرَّحۡمَٰنُ (١) عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ (٢) خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ (٣)
عَلَّمَهُ ٱلۡبَيَانَ (٤) ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ بِحُسۡبَانٖ (٥) وَٱلنَّجۡمُ
وَٱلشَّجَرُ يَسۡجُدَانِ (٦) وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ
(٧) أَلَّا تَطۡغَوۡاْ فِي ٱلۡمِيزَانِ (٨) وَأَقِيمُواْ ٱلۡوَزۡنَ بِٱلۡقِسۡطِ
وَلَا تُخۡسِرُواْ ٱلۡمِيزَانَ (٩) وَٱلۡأَرۡضَ وَضَعَهَا لِلۡأَنَامِ (١٠)
فِيهَا فَٰكِهَةٞ وَٱلنَّخۡلُ ذَاتُ ٱلۡأَكۡمَامِ (١١) وَٱلۡحَبُّ ذُو ٱلۡعَصۡفِ
وَٱلرَّيۡحَانُ (١٢) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (١٣) خَلَقَ
ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ كَٱلۡفَخَّارِ (١٤) وَخَلَقَ ٱلۡجَآنَّ
مِن مَّارِجٖ مِّن نَّارٖ (١٥) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (١٦)

نەسائی هێناویانە کە کاتێك ئایەتی ﴿ سَيُهۡزَمُ ٱلۡجَمۡعُ ... ﴾ دابەزی، عومەر وتی: کام کۆمەڵە دەشکێت؟ کام کۆمەڵە لەناو دەچێت؟ عومەر وتی: کاتێك لەسەر کانیاوەکانی "بەدر" بووینو هەردوو سوپا ڕووبەڕووی یەك وەستابوین پێغەمبەری خوام ﷺ بینی کە لەناو زرێکەی خۆیدا دەجوڵایەوەو دەیفەرمو: ﴿ سَيُهۡزَمُ ٱلۡجَمۡعُ ... ﴾ جا ئەو کاتە منیش زانیم مەبەستی ئەم ئایەتە چیە. واتە ئەم ئایەتە پێشتر دابەزیوەو وەعدەی تێکشکاندنی بێباوەڕانی داوە بەڵام هەمو شت کاتێکی دیاری کراوی خۆی هەیە تا ئەوکاتە نەیەت هیچ ناکرێت. وەك دەفەرموێ:

(٤٩) بێگومان ئێمە هەمو شتمان بە ئەندازە دروستکردوە.

لە فەرمودەیەکدا کە ئەبو هورەیرەوە رضي الله عنه هێناویەتی وتویەتی:{جَاءَ مُشْرِكُو قُرَيْشٍ يُخَاصِمُونَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فِي الْقَدَرِ فَنَزَلَتْ: ﴿ يَوۡمَ يُسۡحَبُونَ فِي ٱلنَّارِ الی قوله خَلَقۡنَٰهُ بِقَدَرٖ ﴾ /مسلم وغيره/ بت پەرستەکانی مەکە هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی (قەدەر)ەوە کێشەیان لەگەڵدا کرد جا ئەم دوونایەتە ﴿ يَوۡمَ يُسۡحَبُونَ فِي ٱلنَّارِ الی قوله خَلَقۡنَٰهُ بِقَدَرٖ ﴾ هاتە خوارەوە}.

(٥٠) ئەوسا فرمانی ئێمە تەنها یەك جارە وەك چاوکلاکردن هەر وتمان ببە دەبێت.

(٥١) جا بەراستی ئێمە خەڵکانی زۆری وەك ئێوەمان لەناوبردوە، دەی ئایا کەسێك هەیە کە بیر بکاتەوەو لە ڕابردوو پەندو ئامۆژگاری وەربگرێت؟

(٥٢) خۆ هەر شتێکیان کردبێت هەموی لەناو پەڕاوەکاندا تۆمار کراوە پێش کردنی لە (لوح المحفوظ)و پاش کردنیشی لە نامەی کردارەکانیاندا

(٥٣) جا هەرچی گەورەو بچوك هەیەلەتاوانو لەکردار هەر هەموی بە دێڕ نوسراوە بێ زیادو کەم. ئینجا پەروەردگار پاش خراپەکارانو سزایان باسی چاکەکارانو پاداشتیان بە کورتی دەکاتو دەفەرموێ:

(٥٤) بێگومان پارێزکاران لەناو باخچە گەلو روباردان.

(٥٥) لە جێگای بەڕێزی پڕ خێروبێردا لەلای پادشای بە دەسەڵاتن کەهەمو داخوازیەکانیان بۆ دێنێتە دی. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:{الْمُقسِطونَ عِندَ اللهِ عَلَى مَنَابِرَ مِن نُورٍ، عَن يَمينِ الرَّحمَنِ، وَكِلتَا يَدَيهِ يَمين، الَّذينَ يَعدِلُونَ في حُكمِهِم وَأهلِيهِم وَمَاوَلُوا /مسلم وغيره/ دادپەروەران لەلای خودا لەسەر مینبەرەکانی نورن، لەلای دەستی ڕاستی رەحمانەوەن، کە هەردوو دەستی هەر ڕاستەو خاوەنی فەڕە، ئەو کەسانەن کە لە بڕیاریاندا لەناو خاوخێزانیانداو لەناو ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتیان دەکەن دادپەروەرانە ڕەفتار دەکەن}.

سورەتی رەحمان ٥٥ — ٧٨

سورەتی رەحمان کە سورەتی پەنجاو پێنجەمی قورئانە، حەفتاو هەشت ئایەتە، لە مەکە هاتووەتە خوارەوە، هەندێك وتویانە لە مەدینە دابەزیوە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی چلوسێ هەمەو پاش سورەتی (الفرقان) و پێش (فاطر) دابەزیوە. ناسخو مەنسوخیشی تێدا نیە.

بەناوی الله ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەو خودا زۆر بە بەزەییە کە بەو سۆزو میهرەبانیە فرەوانەی هەمو بونەوەری داپۆشیوەو مرۆڤیش لەسایەی دا حەساوەتەوەو نیعمەتەکانی لەژمارەدا نایەتو گەورەترین نیعمەتی هیدایەتو قورئانە.

(٢) کە ئەم قورئانەی لەرێگای پێغەمبەرەوە ﷺ بەم ئومەتەی گەیاندوە. (٣) مرۆڤی درووستکردوە.

(٤) فێری قسەکردنی کردوە کە دەتوانێ بەزمانی شتە ناودەرونیەکانو ئاوات و خواستەکانی خۆی باس بکات.

(٥) خۆرو مانگیش دێنو دەچن بە پێی حیسابێکی دیاریو ڕێکوپێك کە بە هۆی ئەو هاتوچۆیەوە شەوو ڕۆژو جیاوازی کەشو هەوا بەدی دێتو دەتوانن کاتەکانیان بۆدیاری بکەن هەر بە هۆی ئەو حیسابە دیاریو ڕێکوپێکەیە کە دەتوانرێت بزانرێت چ کاتێك خۆرو مانگ لە یەك ئاراستەدا دەبن خۆر گیرانو مانگ گیران ڕودەداتو هەر بەو هاتوچۆی شەوو ڕۆژەیە کە دەگات بەتەواو بونی تاك تاکی گیانلەبەر و پاشان تەواوبونی تەمەنی ئەم جیهانە بەدیاری کردنێکی پێشی لەلایەن خوداوە.

(٦) خۆ گژوگیاو درەختیش بۆ پەروەردگاریان سوجدە دەبەنو تەسلیمی فرمانەکانی ئەونو بە ئەندازەی گەردیلەیەکیش لە فرمانی لانادەن.

(٧) ئاسمانی بەرز کردوەتەوەو تەرازویشی داناوە بۆ دادپەروەری، تامرۆڤیش فێری دادپەروەری بکات.

(٨) بۆ ئەوەی کە ئێوەش لە ئەندازە دەرنەچن لە سەنگ کێشانەداو سەر ڕاست بن و لە بڕیارتاندا دادپەروەربن.

(٩) با هەڵسەنگانەکانتان دادپەروەرانە بێتو زیان لە کەس نەدەن لەتەرازوو کێشانەدا.

(١٠) جا ئەم زەویەیشی بۆ مەردوم دانا تا لەسەری بژین.

(١١) کە میوەی زۆری تێدایەو دارخورمای خاوەن شکۆفەیش.

(١٢) دانەی خاوەن کاوو گیای بۆن خۆشیشی تێدایە.

(١٣) دەی سا ئێوە ئەی جنۆکەو مرۆڤ بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ جابر دەڵێت:پێغەمبەر ﷺ هات بۆلای یارەکانیو سورەتی ڕەحمانی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بۆ خوێندن، جا ئەوانیش بێدەنگ بونو هیچیان نەوت، ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {لَقَدْ قَرَأْتُهَا عَلَى الْجِنِّ لَيْلَةَ الْجِنِّ فَكَانُوا أَحْسَنَ مَرْدُودًا مِنْكُمْ كُنْتُ كُلَّمَا أَتَيْتُ عَلَى قَوْلِهِ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ قَالُوا لَا بِشَيْءٍ مِنْ نِعَمِكَ رَبَّنَا نُكَذِّبُ فَلَكَ الْحَمْدُ/ الترمذي، حسنه الألباني/ بەراستی شەوی جنۆکە ئەمەم خوێند بەسەر جنۆکە کاندا لەئێوە جوانتر وەڵامیان دایەوە، هەر وەختێ دەچوم بەسەرئەم فەرمودەی خوایە ﴿دەی سا ئێوە ئەی جنۆکەو مرۆڤ بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟﴾ وتیان: بەهیچ نیعمەتێکی پەروەردگارمان بێ باوەڕنین جاهەربۆتۆیە سوپاس}.بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە پێغەمبەر ﷺ قسەی لەگەل جنۆکەدا کردوەو بانگی کردون بۆ ئایینو قورئانی بۆ خوێندونەتەوە، واتە: پێغەمبەری ئینسانو جنۆکەیە.

(١٤) سەرەتا مرۆڤی لە قوڕێکی وشکبوی وای دروستکرد وەك گۆزەی بە ئاگر سورەوەکراو دەستت لێبدایە زرنگەی دەهات.

(١٥) وە جنۆکەی لە پوختەی ئاگر دروستکرد. پێغەمبەر ﷺ فەرموی:{خُلِقَتْ الْمَلَائِكَةُ مِنْ نُورٍ وَخُلِقَ الْجَانُّ مِنْ مَارِجٍ مِنْ نَارٍ وَخُلِقَ آدَمُ مِمَّا وُصِفَ لَكُمْ/مسلم وغيره/ فریشتە دروستکراون لەروناکیو جنۆکە دروستکراوە لەپوختەی ئاگرو ئادەمیش لەوەی کە بۆتان باسکراوە دروستکراوە}

(١٦) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(١٧) پەروەردگاری دوو ڕۆژهەڵاتی هاوینو ڕۆژهەڵاتی زستان یان ڕۆژهەڵاتی خۆرو ڕۆژهەڵاتی مانگو پەروەردگاری دوو ڕۆژئاوایشە. لە قورئاندا وشەی ڕۆژهەڵات (المشرق) وە وشەی ڕۆژئاوا (المغرب) بەگوێرەی باسەکان بە شێوەی تاكو جوتو کۆ هاتوە: لە ئایەتی بیستو هەشتی سورەتی شوعەرادا هاتووە: ﴿رَبُّ ٱلْمَشْرِقِ

رَبُّ ٱلْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ ٱلْمَغْرِبَيْنِ ﴿١٧﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿١٨﴾
مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ ﴿١٩﴾ بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ ﴿٢٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ
رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٢١﴾ يَخْرُجُ مِنْهُمَا ٱللُّؤْلُؤُ وَٱلْمَرْجَانُ ﴿٢٢﴾ فَبِأَيِّ
ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٢٣﴾ وَلَهُ ٱلْجَوَارِ ٱلْمُنشَـَٔاتُ فِى ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَٰمِ
﴿٢٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٢٥﴾ كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ﴿٢٦﴾ وَيَبْقَىٰ
وَجْهُ رَبِّكَ ذُو ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ﴿٢٧﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٢٨﴾ يَسْـَٔلُهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِى شَأْنٍ ﴿٢٩﴾ فَبِأَيِّ
ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٠﴾ سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ ﴿٣١﴾ فَبِأَيِّ
ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٢﴾ يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنِ ٱسْتَطَعْتُمْ
أَن تَنفُذُوا۟ مِنْ أَقْطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ فَٱنفُذُوا۟ ۚ لَا تَنفُذُونَ
إِلَّا بِسُلْطَٰنٍ ﴿٣٣﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٤﴾ يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا
شُوَاظٌ مِّن نَّارٍ وَنُحَاسٌ فَلَا تَنتَصِرَانِ ﴿٣٥﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا
تُكَذِّبَانِ ﴿٣٦﴾ فَإِذَا ٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتْ وَرْدَةً كَٱلدِّهَانِ
﴿٣٧﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٨﴾ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُسْـَٔلُ عَن ذَنۢبِهِۦٓ
إِنسٌ وَلَا جَآنٌّ ﴿٣٩﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٠﴾

وَٱلْمَغْرِبِ ﴿٢٨﴾ ﴾ وە لە سورەتی مەعاریجدا بە کۆ هاتون: ﴿ فَلَآ أُقْسِمُ بِرَبِّ ٱلْمَشَٰرِقِ وَٱلْمَغَٰرِبِ ﴿٤٠﴾ ﴾ وە لەم سورەتەدا بە جوت باسکراون: ﴿ رَبُّ ٱلْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ ٱلْمَغْرِبَيْنِ ﴾ کاتێك بە تاك هاتون مەبەست ناحیەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتە، دیارە خۆر هەر ڕۆژێ کە هەڵدێت جێگایەکی تایبەتی هەیە لەساڵداو ڕۆژئاوایشی هەروەهایە مانگیش هەر ئاوەهایە، جا لەم ڕووەوە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵهاتەکان زۆرن، وە ئەستێرەکان زۆرن کە ئەوانیش خاوەنی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتن، جا لەوێدا کە بە کۆ هاتوە دەگونجێت مەبەست ئەوانە بێت، وە لەم سورەتەدا کە یەك لەدوای یەك باسی جوتەکان دەکات وەك دروستکردنو فێر کردن، خۆرو مانگ، ئاسمانو زەوی، جنۆکەو ئینسان، بەهەشتو دۆزەخ، ژیانومردن... هەتادوای. دەگونجێت دوو ڕۆژهەڵاتو دوو ڕۆژئاوا، کە ڕۆژئاواو وڕۆژهەڵاتی درێژترینو کورترین ڕۆژی ساڵ مەبەست بێت، لەڕاستیدا لەهەمویاندا تواناییو زانایيو دانایی خوادەردەکەوێت.

﴿١٨﴾ دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

﴿١٩﴾ دوو دەریای سەربەخۆ کردوەو دەگەن بە یەك.

﴿٢٠﴾ بەڵام لەنێوانیاندا پەردە هەیەو هیچ کامیان زیادەڕەوی ناکات بەسەر ئەویتریاندا تا هەردووکیان خراپ ببن. زانایانی ئەمڕۆی فیزیای دەڵێن: بەهۆی هێزێك کە پێی دەوترێت "انشداد السطحي"کە بە هۆی جیاوازی چڕیو خەستی دوو دەریادا دروست دەبێت ئەو دوو دەریایە کاتێك کە بەیەك دەگەن تێکەڵاوی یەکتر نابنو تامو ڕەنگی یەکتر ناگۆڕن ئەم حەقیقەتە زانستیە کە ئەمڕۆ زانایان وەك دۆزینەوەیەکی زانستی باسی لێوە دەکەن، کە قورئانی پیرۆز زیاتر لە هەزارو چوارسەد ساڵ پێش ئیستا باسی لێکردوە، ئایا دەگونجێت ئەمە قسەی پیاوێکی نەخوێنەوار بێت کە لە هەمو ژیانیدا لە دەریاوە دور بوە؟

﴿٢١﴾ دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

﴿٢٢﴾ لە هەردووکیان مرواریو مەرجان دەردێت.

﴿٢٣﴾ دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

﴿٢٤﴾ لەبەر هێزو توانایو کاربەجێی خۆیەتی کە ئەو کەشتیە گەورانەی وەك چیا بەناو ئەو دەریا گەورانەدا دێنو دەڕۆن .

﴿٢٥﴾ دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

﴿٢٦﴾ ئەوەی کە لەسەر ئەم زەویەدایە هەموی لە ناودەچێ.

﴿٢٧﴾ ئەوسا تەنها پەروەردگاری خاوەن شکۆی بەرزو بەڕێزت دەمێنێت .

﴿٢٨﴾ دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

﴿٢٩﴾ئەوەی لە ئاسمانانو زەویدایە هەمویان داوا لەو دەکەنو بێ ئەو هیچ کارێکیان بۆ ناکرێت، ئەو هەمو ڕۆژێك بە ئیشێکەوە خەریکە. پێغەمبەرﷺ لەبارەی ئەم ئایەتەوە دەفەرموێ:{مِنْ شَأْنِهِ أَنْ يَغْفِرَ ذَنْبًا وَيُفَرِّجَ كَرْبًا وَيَرْفَعَ قَوْمًا وَيَخْفِضَ آخَرِينَ/ ابن ماجه، حسنه الألباني/ وە لەو ئیشانەی

پەروەردگار ئەوەیە کە لە تاوانێك خۆشدەبێتو گرفتاریەك لادەباتو گەلێك بەرزدەکاتەوەو هەندێکی تر نزم دەکاتەوە}.

(٣٠) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٣١) بەم زووانە ڕوو لە کارو کردارتان دەکەین ئەی جنۆکەو مرۆڤ، جادەستمان خاڵی دەبێت بۆ حیسابو کتاب لە گەڵ ئێوەش دا، دیارە ﷲ هیچ کات سەرقاڵ نیە تا لە پاشدا دەستی خاڵی ببێت بۆ تۆڵە وەرگرتن لێمان، بەڵکو ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندەو بەگوێرەی عەقڵی خۆمان لەگەڵمان دەدوێت.

(٣٢) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٣٣) ئەی دەستەی جنۆکەو مرۆڤ ئەگەر دەتوانن بە هەموو گۆشەو بەشەکانی ئاسمانانو زەویدا تێبپەڕن، جا تێپەڕن ناتوانن تێیدا تێبپەڕن مەگەر بە هێزێکی گەورە، وتراوە کاتێك کەجنۆکەو ئینسان کۆ دەکاتەوە، ئینجا پێیان دەوترێت ئەگەر دەتوانن هەڵبێنو خۆتان ڕزگار بکەن وابکەن، ئاشکرایە کە ئەمەتان پێناکرێت مەگەر بە هێزێکی گەورە کە لەو ڕۆژەشدا هیچ کەس هێزو دەسەلاتێکی لە دەستدا نیە و هەموو هێز هەر بەدەست ﷲ ﷻ. جا ئەگەر مەبەست دنیا بێت لێرەدا ئەم ئایەتە مرۆڤ هەڵدەنێت بۆ پەیداکردنی زانیاریو دەسەلات تا بتوانێت بەم جیهانەدا بگەڕێتو زیاتر ڕێکوپێکی ئەم بوونەوەرەو سوودەکانی بۆ دەرکەوێتو بزانێت کە خالیقی ئەم بوونەوەرە زۆر بە دەسەلاتو زاناو دانایەو تاکەو هاوبەشی نیەو کەسیش ئەوەی کە ئەو کردویەتی پێی ناکرێت.

(٣٤) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٣٥) جا ئەگەر بتانەوێت هەڵبێن دادەبارێت بەسەرتاندا گڕی ئاگری تەواوی بێ دووکەڵو بە دووکەڵەوە ئەوساش یارمەتی نادرێن بۆ ڕزگاربوونتان،

يُعۡرَفُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ بِسِيمَٰهُمۡ فَيُؤۡخَذُ بِٱلنَّوَٰصِي وَٱلۡأَقۡدَامِ ﴿٤١﴾ فَبِأَيِّ
ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٢﴾ هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِي يُكَذِّبُ بِهَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ
﴿٤٣﴾ يَطُوفُونَ بَيۡنَهَا وَبَيۡنَ حَمِيمٍ ءَانٖ ﴿٤٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٤٥﴾ وَلِمَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ﴿٤٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٤٧﴾ ذَوَاتَآ أَفۡنَانٖ ﴿٤٨﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٩﴾ فِيهِمَا عَيۡنَانِ
تَجۡرِيَانِ ﴿٥٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥١﴾ فِيهِمَا مِن كُلِّ فَٰكِهَةٖ
زَوۡجَانِ ﴿٥٢﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٣﴾ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ فُرُشِۭ
بَطَآئِنُهَا مِنۡ إِسۡتَبۡرَقٖۚ وَجَنَى ٱلۡجَنَّتَيۡنِ دَانٖ ﴿٥٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا
تُكَذِّبَانِ ﴿٥٥﴾ فِيهِنَّ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ لَمۡ يَطۡمِثۡهُنَّ إِنسٞ قَبۡلَهُمۡ
وَلَا جَآنّٞ ﴿٥٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٧﴾ كَأَنَّهُنَّ ٱلۡيَاقُوتُ
وَٱلۡمَرۡجَانُ ﴿٥٨﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٩﴾ هَلۡ جَزَآءُ
ٱلۡإِحۡسَٰنِ إِلَّا ٱلۡإِحۡسَٰنُ ﴿٦٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٦١﴾ وَمِن دُونِهِمَا جَنَّتَانِ ﴿٦٢﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٦٣﴾ مُدۡهَآمَّتَانِ ﴿٦٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦٥﴾ فِيهِمَا
عَيۡنَانِ نَضَّاخَتَانِ ﴿٦٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦٧﴾

(٣٦) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٣٧) جا ئەو کاتەی کە ئاسمان لەتبو بو بە گوڵی سورو وەك چەرمی سوری لێهاتو شێوەی ڕۆنی داخکراوی لێنیشت لە سەختیداو توایەوە کە کاتی قیامەتە، جا ئەو کاتە دەزانن چیتان کێلاوە،

(٣٨) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٣٩) جا لەو ڕۆژەدا نە مرۆڤ و نە جنۆکە پرسیار لە تاوانی ناکرێت، لەو ڕۆژەدا هەموو کەس خۆی بۆخۆی دەزانێت چی کردوەو هەر بە شێوازیش دەناسرێنەوە بۆ مەئموران.

(٤٠) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٤١) تاوانباران هەر بە سەرو سیمایاندا دەناسرێن، ئەوسا ناوچاوانیان لەگەڵ پێکانیاندا دەگیرێتو بۆ ناو دۆزەخ فڕێ دەدرێن،

(٤٢) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ
ناکەن؟

(٤٣) ئەمە ئەو دۆزەخەیە کە تاوانباران باوەڕیان پێی
نەبوو. (٤٤) جا ئەمڕۆ لەنێوان ئەو دۆزەخەو لەنێوان ئاوی
گەرمی داخدا دەخولێنەوە لەم بۆ ئەوو لەو بۆ ئەم، ئەوەیە
سەرئەنجامی تاوانبارانی خوانەناس،

(٤٥) دەی سا بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٤٦) ئەوسا هەر کەسێك کە لە دنیادا لە پەروەردگاری
خۆی ترسا بێت لە ڕۆژی قیامەتدا دوو باخی بۆهەیە.
پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:{إِنَّ فِي الْجَنَّةِ جَنَّتَيْنِ آنِيَتُهُمَا
وَمَا فِيهِمَا مِنْ فِضَّةٍ وَجَنَّتَيْنِ آنِيَتُهُمَا وَمَا فِيهِمَا مِنْ ذَهَبٍ وَمَا بَيْنَ
الْقَوْمِ وَبَيْنَ أَنْ يَنْظُرُوا إِلَى رَبِّهِمْ إِلَّا رِدَاءُ الْكِبْرِيَاءِ عَلَى وَجْهِهِ فِي
جَنَّةِ عَدْنٍ /مسلم وغيره/ بێگومان لەناو بەهەشتی گەورەدا دوو
باخچە هەیە کەزەرفەکانیو هەرچی تێدا هەیە لەزیوەو
دوو باخچەی تر کە زەرفەکانیو هەرچی تێدا هەیە
لەزێڕەو لەنێوان ئەو گەلەو لەنێوان ئەوەی کەبڕوانن بۆ
پەروەردگاری خۆیان تەنها عەبای گەورایەتیە لە سەر ڕوی
ئەوزاتە، لەناو باخچەی هەمیشەیی حەسانەوەدا}.

(٤٧) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ
ناکەن؟

(٤٨) هەردوو باخەکە خاوەنی درەختی جروپڕو بە پەلك
وپۆن،

(٤٩) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ
ناکەن؟

(٥٠) لەناو ئەو دوو باخچەدا دوو جۆگەی ئاوی تێدایە کە
هەمیشە دەڕوات.

(٥١) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ
ناکەن؟

(٥٢) لەناو ئەو دوو باخچەدا هەمو میوەیەکی تێدایەو
جووتی یەکنو لەیەك دەچن.

(٥٣) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ
ناکەن؟

(٥٤) لەسەر ڕایەخ گەلێك کەتانەکانیان لە هەورێشمی
ئەستورە پاڵیانداوەتەوەو میوەی گەیشتوی ئەو دوو باخە
نزیکە لێیانەوەو بە هەر شێوەیەك بن دەستیان پێی
دەگات.

(٥٥) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ
ناکەن؟

(٥٦) جا لەسەر ئەو ڕایەخانە ئافرەتانێکی لەسەرە کە هەر
چاویان لە هاوسەرەکەی خۆیانەو کەس لەو بە جوانتر
نازاننو هەمویان کچنو پێش ئەو مێردەی خۆیان نە
جنۆکەو نەمرۆڤی تر نزیکیان نەکەوتون.

(٥٧) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ
ناکەن؟

(٥٨) ئەو ئافرەتانە ئەوەندە پاكو سپیو جوانن هەر دەڵێی
مرواری گەورەو بچوکن.

(٥٩) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ
ناکەن؟ لەم بارەوە دەیان فەرمووده هەیە، بەڵام ئێمە
لێرەدا یەکێك لەو فەرمودانە دەهێنین کە دەفەرموێ: {إِنَّ
أَوَّلَ زُمرَةٍ تَدخُلُ الجَنَّةَ عَلَى صُورَةِ القَمرِ لَيلَةَ البَدرِ، وَالَّتِي تَليهَا
علَى أضوَإ كَوكَبٍ دُرِّيٍّ في السَّماء، لِكُلِّ امرِىءٍ زَوجَتَانِ اثنَانِ،
يُرى مُخّ سُوقِهِما مِن وَرَاءِ اللَّحم، وَمَا في الجَنَّةِ أعزَب /مسلم
وغيره/ بێگومان یەکەم دەستە کە دەچنە بەهەشتەوە لەسەر
وێنەی مانگی چواردەنو ئەوەش پاش ئەوان دەچێت لەسەر
شێوەی ڕوناکترین ئەستێرەی ئاسمانە، هەر پیاوێکی
بەهەشتی دوو هاوسەری هەیە کە مۆخی قاچیان لەژێر
گۆشتەوە دیارە، ئەوسا لەناو بەهەشتدا هیچ کەس بێ
هاوسەر نیە}

(٦٠) ئایا پاداشتی چاکەو خودا پەرستیو یەکتاپەرستی
جگە لە چاکە کە بەهەشتو نازو نیعمەتەکانیەتی شتێکی
تر هەیە؟ واتە ئەوان منیان پەرستوەو منیش بەهەشتیان
پێ دەدەم.

(٦١) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٦٢) جگە لەو دووانە دوو باخچەی تریش هەن کە پلەیان کەمترە لە دوو باخچەکەی پێشوو.

(٦٣) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٦٤) ئەو دوو باخچە ئەوەندە سەوزو تێرئاو و بە ڕەونەقن لە دوورەوە ڕەش دەنوێنن،

(٦٥) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٦٦) لەناو ئەو دوو باخچەدا دوو چاوگەی ئاوی تێدایە کە هەڵدەقوڵێن.

(٦٧) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٦٨) لەناویاندایە میوەی زۆرو دارخورماو هەنار.

(٦٩) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٧٠) لەناو ئەو باخچانەدا ئافرەتانی چاك و جوانی تێدایە،

(٧١) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٧٢) ئافرەتانی چاو گەورەو ڕەش هەر لەناو ئەو خێوەتانەدان،

(٧٣) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ لە فەرمودەدا کە ئیمامی بوخاری‌و مسلم هێناویانە هاتووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمویەتی{إنَّ في الجَنَّةِ خَيمَةً مِن لُؤلُوءَةٍ مُجَوَّفَةٍ عرضُها سِتُّونَ ميلاً (طولُها سِتُّونَ ميلاً.مسلم) في كُلِّ زَاوِيَةٍ مِنها أهلٌ مايَرَونَ الاخَرِينَ، يَطُوفُ عَلَيهِمُ المُؤمِنُونَ/ مسلم / بێگومان لەناو بەهەشتدا خێوەتی مرواری ناو بۆشی تێدایە پانایيەکەی شەست میلە (و درێژیەکەشی شەست میلە.) لە هەمو گۆشەیەکی ئەو خێوەتەدا خێزانی باوەڕدارانی تێدایە کە ئەوانی تر

فِيهِمَا فَٰكِهَةٌ وَنَخۡلٌ وَرُمَّانٌ (٦٨) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٦٩)
فِيهِنَّ خَيۡرَٰتٌ حِسَانٌ (٧٠) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٧١) حُورٌ
مَّقۡصُورَٰتٌ فِي ٱلۡخِيَامِ (٧٢) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٧٣)
لَمۡ يَطۡمِثۡهُنَّ إِنسٌ قَبۡلَهُمۡ وَلَا جَآنٌّ (٧٤) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
(٧٥) مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ رَفۡرَفٍ خُضۡرٍ وَعَبۡقَرِيٍّ حِسَانٍ (٧٦) فَبِأَيِّ
ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٧٧) تَبَٰرَكَ ٱسۡمُ رَبِّكَ ذِي ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ (٧٨)

٥٦ سُورَةُ الوَاقِعَةِ ٩٦

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
إِذَا وَقَعَتِ ٱلۡوَاقِعَةُ (١) لَيۡسَ لِوَقۡعَتِهَا كَاذِبَةٌ (٢) خَافِضَةٌ رَّافِعَةٌ
(٣) إِذَا رُجَّتِ ٱلۡأَرۡضُ رَجّٗا (٤) وَبُسَّتِ ٱلۡجِبَالُ بَسّٗا (٥)
فَكَانَتۡ هَبَآءٗ مُّنۢبَثّٗا (٦) وَكُنتُمۡ أَزۡوَٰجٗا ثَلَٰثَةٗ (٧) فَأَصۡحَٰبُ
ٱلۡمَيۡمَنَةِ مَآ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَيۡمَنَةِ (٨) وَأَصۡحَٰبُ ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ مَآ أَصۡحَٰبُ
ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ (٩) وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلسَّٰبِقُونَ (١٠) أُوْلَٰٓئِكَ ٱلۡمُقَرَّبُونَ (١١)
فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ (١٢) ثُلَّةٞ مِّنَ ٱلۡأَوَّلِينَ (١٣) وَقَلِيلٞ مِّنَ ٱلۡأٓخِرِينَ
(١٤) عَلَىٰ سُرُرٖ مَّوۡضُونَةٖ (١٥) مُّتَّكِـِٔينَ عَلَيۡهَا مُتَقَٰبِلِينَ (١٦)

نابینن، کە باوەڕداران بەسەریاندا دەسوڕێنەوە}. جا پەروەردگار دەفەرموێ:

(٧٤) کە ئەو ئافرەتانە پێش ئەو هاوسەرەی خۆیان نە مرۆڤ و نە جنۆکە نزیکیان نەکەوتون‌و هەمیشە کچن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {وَلَوْ اطَّلَعَتْ امْرَأَةٌ مِنْ نِسَاءِ أَهْلِ الْجَنَّةِ إِلَى الْأَرْضِ لَمَلَأَتْ مَا بَيْنَهُمَا رِيحًا وَلَطَابَ مَا بَيْنَهُمَا وَلَنَصِيفُهَا عَلَى رَأْسِهَا خَيْرٌ مِنْ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا /احمد، صححه الألباني/ ئەگەر ئافرەتێك لە ئافرەتانی خەڵکی بەهەشت بێنە سەر زەوی نێوانی ئاسمان‌وزەوی پڕ دەکەن لە بۆنی خۆش ونێوانیان پاك‌وخۆش دەبێت‌و بەراستی ئەوسەرپۆشەی کەلەسەر سەریەتی چاکترە لەدنیاو لەوەی کە تێیدایە}

(٧٥) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٧٦) شانیان داناوە لەسەر ڕایەخ‌و پاڵپشتی بەرزو بە پارچەی سەوزو نایاب‌و جوان داپۆشراو.

(٧٧) دەی سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟

(٧٨) خاوەنی فەڕو چاکەی زۆرە ناوی پەروەردگارت کە
خاوەن شکۆو زۆر بەڕێزە. لە فەرموودەدا کە مسلمو
خاوەنانی سونەت هێناویانە کە پێغەمبەرمان ﷺ پاش
سەلامدانەوەی نوێژ هەر بەو ئەندازەی دادەنیشت کەسێ
جار(استغفرالله)ی دەکردو دەیفەرموو:{اللهمَّ أنتَ السَّلامُ
وَمِنكَ السَّلام، تَبارَكتَ يَاذا الجلالِ وَالإكرَام/ ئەی خودایە تۆ
هەر خۆت سەلامیو هەر لەتۆیشەوە هێمنیو ئاشتی،
خاوەنی فەڕوخێری زۆری ئەی خاوەن شکۆو زۆر بەڕێز}.

٥٦ سورەتی واقیعە ٩٦

سورەتی واقیعە کە سورەتی پەنجاوشەشەمی قورئانە،
نەوەدو شەش ئایەتەو لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە،
هەندێك دەڵێن جگە لە ئایەتی{ أَفَمِنْ هَٰذَا ٱلْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ (٥٩) }
وە ئایەتی{ ثُلَّةٌ مِّنَ ٱلْأَوَّلِينَ (٣٩) وَثُلَّةٌ مِّنَ ٱلْآخِرِينَ (٤٠) } ئەم
سورەتە ناسخو مەنسوخی تێدا نیە. وتراوە بەگوێرەی
دابەزین سورەتی چلوشەشەمەو پاش سورەتی (طه) و
پێش (الشعراء) دابەزیوە. ئەم سورەتە لە گەڵ سوەرتی
پێشودا کە سورەتی " الرحمن" ـە هەم ماناو تەواوکەری
یەکترن کە باس لە هاتنی قیامەتو باسی بەهەشتو دۆزەخ
دەکەن، جا لە سورەتی رەحماندا تەنها باس لە لەتبونی
ئاسمان دەکات لەم سورەتەدا باس لە جوڵانو بومەلەرزەی
زەوی دەکات وەك ئەوە وایە کە یەك سورەت بن،
ئیبنوعەباس دەڵێت: ئەبوبەکر بەپێغەمبەری وت: ئەی
پێغەمبەری خوا ﷺ پیربویت، پێغەمبەر ﷺ فەرموی:
{شَيَّبَتْنِي هُودٌ وَالْوَاقِعَةُ وَالْمُرْسَلَاتُ وَعَمَّ يَتَسَاءَلُونَ وَإِذَا الشَّمْسُ
كُوِّرَتْ/ الترمذي، صححه الألباني/ واتە پیری کردم سورتی هودو
واقیعەو مورسەلاتو عەمەو تەکویر}

بەناوی اللهی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) هەر کاتێك قیامەت هات.

(٢) هیچ کەس ناتوانێت لەو ڕووداوە نکولی بکاتو هەمو
دانی پێدادەنێن بەڵام هیچ سوودێك لەو دان پێدانانەیان
وەرناگرن.

(٣) کە ئەو ڕۆژە نزم کەرەوەی خوانەناسو ملهوڕو خۆ
بەزلزانانەو بەرزکەرەوەی خواناسو پارێزکارانە.

(٤) هەرکاتێك زەوی جوڵێنرا بە جوڵاندن.

(٥) وەچیاکان ڕێزاڵ ڕێزاڵ بوون. (٦) ئەوسا بوون بە
تۆزو بڵاوبوونەوە، لەپاش ئەو کاتەی کە ئەوانە ڕوپانداو
خەڵك هەموی مردنو پاشان زیندو کرانەوەوخەڵك
دادگایی کرا

(٧) ئێوە لەو کاتەدا بەگوێرەی کردارەکانتان دەکرێن بە
سێ بەشەوە، کە بەشەکانیش ئەمانەن:

(٨) ئەوسا بەشێکیان یارانی دەستە ڕاستین، چ پیاوانێکی
بەرزو بەڕێزن یارانی دەستە ڕاستی. ئەوانەی کە بە دەستی
ڕاستیان نامەی کرداری خۆیان وەردەگرنەوەو بەشانازییەوە
هاوار دەکەن: ها وەرن بیخوێننەوە.

(٩) جا بەشێکی تریان یارانی دەستە چەپین چ پیاوانێکی
چاوشۆڕو شەرمەندن یارانی دەستە چەپی ئەوانەی کە بە
دەستی چەپیان نامەی کرداری خۆیان وەردەگرنەوەو
هاواری مردنی هەمیشەی دەکەن بۆخۆیان.

(١٠) جا بەشی سێهەمیان ئەو کەسانەن پێشکەوتون
لەچاکەکاریدا، کەهەمیشە وەپێشدەکەون لەپلەو مەقامدا،

(١١) ئائەوانەن نزیکانی پەروەردگاری خۆیان.

(١٢) لەناو باخچەگەلی نازو نیعمەتدان،

(١٣) ئەوانە کۆمەڵێکن لە گەلانی پێشو،

(١٤) وە کەمێکیش لەوانەی دوای. پێغەمبەر دەفەرموێ:
{نَحْنُ الْآخِرُونَ السَّابِقُونَ/ متفق عليه/ ئێمەین کۆتاییو
پێشکەوتوین} وتراوە: مەبەست لەم ئایەتانە ئومەتی
محمدە ﷺ واتە پێشکەوتوان زۆربەیان لەوانن کە لە
سەرەتای ئەم ئومەتەوە بوونو کەمێکیشیان لەوانەن
کەدواتر دێن کەئەمەش گەورەیو بەرزی باوەڕدارانی
سەرەتا پیشان دەدات، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: {خَيْرُ
النَّاسِ قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ /متفق عليه/
باشترینی خەڵك ئەمانەی هاوچەرخی منن، پاشان ئەوانەی
کە پاش ئەمانەدێن، پاشان ئەوانەی کە پاش ئەوانەش

دێن} ئاشکرایە لەهەمو ئومەتێکدا باوەڕدارانی سەرەتاییان باشترین کەسی ئەو ئومەتە بون. وە زۆرترینی ئەهلی بەهەشتیش ئومەتی محمدە ﷺ، وەك خوای دەفەرموێ: {أَهْلُ الْجَنَّةِ عِشْرُونَ وَمِائَةُ صَفٍّ ثَمَانُونَ مِنْهَا أُمَّتِي وَأَرْبَعُونَ سَائِرُ النَّاسِ/أحمد، الألباني:صحيح/ ئەهلی بەهەشت سەدو بیست ریزە کە هەشتا ریزی ئومەتی منەو چلەکەیشی خەڵکی ترە}.

(١٥) لەسەر تەختگەلێکی چنراو لە زێڕن.

(١٦) شانیان داناوە لەسەریان کە ڕوبەڕوی یەکترن.

(١٧) منداڵانی هەمیشە منداڵ هەمیشە هاتوچۆ دەکەن بەناویانداو خزمەتیان دەکەن.

(١٨) بە گۆزەیانی بێ دەستو لولەو مەسینەگەلو پەرداخی پڕ لە شەرابەوە،

(١٩) کە دەیخۆنەوە نە سەریان لێ تێکدەداتو نە لەخۆدەچن.

(٢٠) جا دەگەڕێن بەناویاندا بەمیوەی زۆر لەوەی کە خۆیان هەڵی دەبژێرن.

(٢١) ئەوسا گۆشتی باڵندەش لەوانەی کە ئارەزۆی دەکەن.

(٢٢) جا لەوێدا بۆیان هەیە کچانی سپیو چاوڕەش.

(٢٣) هەروەك مرواری تازەی شاراوە کە تۆز لێی نەدابن و دەستی کەسیشیان لێ نەکەوتبێت.

(٢٤) ئەمانە هەموی لە پاداشتی ئەو کردارە چاکانەی کە لە دنیادا کردویانە.

(٢٥) نە هیچ قسەیەکی پڕوپوچو هەرزەیانە دەبیستنو نە گوناه و تاوانێك.

(٢٦) تەنها هەر سەلام کردنەو قسەی بە کەڵكو بێ زیانە، جا بۆ بەشی سێیەمیش دەفەرموێت:

(٢٧) جا یارانی دەستە ڕاست چ پیاوانێکی بەرزو بەڕێزن پیاوانی دەستە ڕاست،

(٢٨) لەناو باخی کەناری بێ دڕکدان. عامر دەڵێت: پیاوێکی ئەعرابی هاتە خزمەتی پێغەمبەرو ﷺ وتی: ئەی

یَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَٰنٌ مُّخَلَّدُونَ (١٧) بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ
(١٨) لَّا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ (١٩) وَفَٰكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ
(٢٠) وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ (٢١) وَحُورٌ عِينٌ (٢٢) كَأَمْثَٰلِ ٱللُّؤْلُؤِ
ٱلْمَكْنُونِ (٢٣) جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ (٢٤) لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا
تَأْثِيمًا (٢٥) إِلَّا قِيلًا سَلَٰمًا سَلَٰمًا (٢٦) وَأَصْحَٰبُ ٱلْيَمِينِ مَآ أَصْحَٰبُ
ٱلْيَمِينِ (٢٧) فِى سِدْرٍ مَّخْضُودٍ (٢٨) وَطَلْحٍ مَّنضُودٍ (٢٩) وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ
(٣٠) وَمَآءٍ مَّسْكُوبٍ (٣١) وَفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ (٣٢) لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا
مَمْنُوعَةٍ (٣٣) وَفُرُشٍ مَّرْفُوعَةٍ (٣٤) إِنَّآ أَنشَأْنَٰهُنَّ إِنشَآءً (٣٥) فَجَعَلْنَٰهُنَّ
أَبْكَارًا (٣٦) عُرُبًا أَتْرَابًا (٣٧) لِّأَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ (٣٨) ثُلَّةٌ مِّنَ
ٱلْأَوَّلِينَ (٣٩) وَثُلَّةٌ مِّنَ ٱلْءَاخِرِينَ (٤٠) وَأَصْحَٰبُ ٱلشِّمَالِ مَآ أَصْحَٰبُ
ٱلشِّمَالِ (٤١) فِى سَمُومٍ وَحَمِيمٍ (٤٢) وَظِلٍّ مِّن يَحْمُومٍ (٤٣) لَّا بَارِدٍ
وَلَا كَرِيمٍ (٤٤) إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ مُتْرَفِينَ (٤٥) وَكَانُوا۟ يُصِرُّونَ
عَلَى ٱلْحِنثِ ٱلْعَظِيمِ (٤٦) وَكَانُوا۟ يَقُولُونَ أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا
وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ (٤٧) أَوَءَابَآؤُنَا ٱلْأَوَّلُونَ (٤٨) قُلْ إِنَّ
ٱلْأَوَّلِينَ وَٱلْءَاخِرِينَ (٤٩) لَمَجْمُوعُونَ إِلَىٰ مِيقَٰتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ (٥٠)

پێغەمبەرﷺ خوا باس لە درەختێك دەکات لە بەهەشتدا کە ئەو درەختە بە هۆی دڕکەکانی ئێشو ئازار دروست دەکات؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ئەوە کامەیە؟ وتی: داری کەنار پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {أَلَيسَ اللهُ يَقُولُ: ﴿فِى سِدْرٍ مَّخْضُودٍ﴾ خضد اللهُ شوكه فَجَعَلَ مَكانَ كُلِّ شَوكَةٍ ثَمَرَةً فإنَّها لَتَنبُتُ ثَمَرًا تُفَتَّقُ الثَّمَرَةُ مِنها عَن اثنينِ وَسَبعينَ لَونًا مِن طَعامٍ مَا فيها لَونٌ يَشْبَهُ الآخَرَ / ابن أبي الدنيا، الألباني: صحيح لغيره / ئەی ﷻ نافەرموێ: ﴿لەناوباخی کەناری بێدڕکدان؟﴾ﷻدڕکەکانی لێ لابردوە جا لە جێگای هەردڕکێکدا میوەیەکی لێ ڕواندوە، ئەوسا میوەیەك سەوز دەکات کە دانەیەکی لێ لەت دەکرێت حەفتاودوو ڕەنگ لەخواردنی تێدایە هیچ ڕەنگێکی تێدانیە کەلەوی تر بچێت}

(٢٩) سا لەناو باخچەی مۆزی لەسەر یەك سەفتەکراودان.

(٣٠) جا لەژێر سێبەری پانو پۆڕو درێژدان. ئیمامی بوخاری لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:{إنَّ في الجَنَّةِ شَجَرَةً يَسيرُ الرَّاكِبُ في ظِلِّها مِاْةَ عَامٍ لايَقطَعُها، إقرَؤا إن شِئتُم ﴿وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ﴾/ بێگومان لەناو

ثُمَّ إِنَّكُمْ أَيُّهَا ٱلضَّآلُّونَ ٱلْمُكَذِّبُونَ ﴿٥١﴾ لَأَكِلُونَ مِن شَجَرٍ مِّن زَقُّومٍ ﴿٥٢﴾
فَمَالِـُٔونَ مِنْهَا ٱلْبُطُونَ ﴿٥٣﴾ فَشَٰرِبُونَ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْحَمِيمِ ﴿٥٤﴾ فَشَٰرِبُونَ
شُرْبَ ٱلْهِيمِ ﴿٥٥﴾ هَٰذَا نُزُلُهُمْ يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴿٥٦﴾ نَحْنُ خَلَقْنَٰكُمْ فَلَوْلَا
تُصَدِّقُونَ ﴿٥٧﴾ أَفَرَءَيْتُم مَّا تُمْنُونَ ﴿٥٨﴾ ءَأَنتُمْ تَخْلُقُونَهُۥٓ أَمْ نَحْنُ
ٱلْخَٰلِقُونَ ﴿٥٩﴾ نَحْنُ قَدَّرْنَا بَيْنَكُمُ ٱلْمَوْتَ وَمَا نَحْنُ بِمَسْبُوقِينَ ﴿٦٠﴾
عَلَىٰٓ أَن نُّبَدِّلَ أَمْثَٰلَكُمْ وَنُنشِئَكُمْ فِى مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦١﴾ وَلَقَدْ
عَلِمْتُمُ ٱلنَّشْأَةَ ٱلْأُولَىٰ فَلَوْلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَحْرُثُونَ
﴿٦٣﴾ ءَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُۥٓ أَمْ نَحْنُ ٱلزَّٰرِعُونَ ﴿٦٤﴾ لَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَٰهُ
حُطَٰمًا فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ ﴿٦٥﴾ إِنَّا لَمُغْرَمُونَ ﴿٦٦﴾ بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ
﴿٦٧﴾ أَفَرَءَيْتُمُ ٱلْمَآءَ ٱلَّذِى تَشْرَبُونَ ﴿٦٨﴾ ءَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ ٱلْمُزْنِ
أَمْ نَحْنُ ٱلْمُنزِلُونَ ﴿٦٩﴾ لَوْ نَشَآءُ جَعَلْنَٰهُ أُجَاجًا فَلَوْلَا تَشْكُرُونَ
﴿٧٠﴾ أَفَرَءَيْتُمُ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى تُورُونَ ﴿٧١﴾ ءَأَنتُمْ أَنشَأْتُمْ شَجَرَتَهَآ أَمْ
نَحْنُ ٱلْمُنشِـُٔونَ ﴿٧٢﴾ نَحْنُ جَعَلْنَٰهَا تَذْكِرَةً وَمَتَٰعًا لِّلْمُقْوِينَ
﴿٧٣﴾ فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ ﴿٧٤﴾ ۞ فَلَآ أُقْسِمُ
بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٌ لَّوْ تَعْلَمُونَ عَظِيمٌ ﴿٧٦﴾

بەهەشتدا درەختی وا هەیە کە سەد ساڵ سوار لەژێریدا بڕوات هێشتا لەژێرسێبەری دەرناچێت، ئەگەر ئارەزۆتان لێی هەیە با ئایەتی ﴿ وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ /سێبەری درێژ ﴾ بخوێننەوە}.

(٣١) خۆ تێیدایە ئاوی هەمیشە ڕۆیشتویش.

(٣٢) سا تێدایە میوەی زۆری جۆراو جۆر.

(٣٣) نە دوایی دێتو نە قەدەغە دەکرێت. پێغەمبەرمان ﷺ جارێکیان لە نوێژدا جموجۆڵێکی کرد پاشان یارەکانی ئەو جموجۆڵەیان لێ پرسی فەرموی:{إِنِّي أُرِيتُ الْجَنَّةَ فَتَنَاوَلْتُ مِنْهَا عُنْقُودًا وَلَوْ أَخَذْتُهُ لَأَكَلْتُمْ مِنْهُ مَا بَقِيَتِ الدُّنْيَا/متفق عليه/ بێگومان بەهەشتم بینیو دەستم برد بۆ هێشویەك، جا ئەگەر بمهێنایە بەستان بوو هەتا دنیا هەیە}.

(٣٤) جا فەرشو ڕایەخگەلی نەرموبەرز یان ئافرەتانی باڵا بەرز. لەراستیدا هەردووکیانی تێدایە.

(٣٥) بێگومان ئێمە لەوێدا ئافرەتانێکمان سەرلەنوێ دروستکرد چۆن دروستکردنێك.

(٣٦) ئەوسا بڕیارماندا کە ئەوانە هەمیشە کچبن. هەرچەند جار کەمێردەکانیان دەچنە لایان دەبنەوە بەکچو بێ ئازارن.

(٣٧) ئەو ان مێردی خۆیان خۆش دەوێتو هاوسنو ساڵی یەکترن. پێغەمبەرمان ﷺ باس لە تەمەنی ئەهلی بەهەشت دەکاتو دەفەرموێ: {يَدْخُلُ أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ جُرْدًا مُرْدًا كَأَنَّهُم مُكَحَّلُونَ أَبْنَاءُ ثَلَاثٍ وَثَلَاثِينَ سَنَةً/ الترمذي، صححه الألباني/ بەهەشتیان دەچنە بەهەشتەوە لەحاڵێکدا بێ توكو بێسمێڵو ریشو چاو ڕەشن، وەك ئەوەی کە چاویان ڕەشتبێ کە کوڕانی سیوسێ ساڵەن} ئەم هەمو نێعمەتە بەرزەو بەنرخە بۆ کێ؟

(٣٨) بۆ یارانی دەستە ڕاستین.

(٣٩) کەتاقمێکی گەلانی پێشون. تاقمێکی گەلانی دوایین واتە بەشێکی ئەوانە هی ئوممەتانی پێش ئێمەیەو بەشەکەی تریان لەم ئوممەتەی ئێمەیە، ولله الحمد.

(٤١) جا یارانی دەستە چەپی چ خراپ کەسانێکن یارانی دەستە چەپی، ئەمانە:

(٤٢) لەناوی گڕە بای زۆر گەرمو خواردنەوەی ئاوی داخدان.

(٤٣) وە لەژێر سێبەری چڕە دووکەڵی گەرمدان.

(٤٤) نە فێنکی تێدایەو نە هەناسەیەکی ئارامی تێدا دەدەن.

(٤٥) چونکە ئەوانە لەپێشدا ئەهلی سەیرو سەفاو خۆشگوزەرانی بوون.

(٤٦) جا ئەوان سوربون لەسەر گوناهی گەورە کە هاوبەش دانان بۆ پەروەردگارو نەناسینی ئەو زاتە گەورەیە بو.

(٤٧) خۆ ئەوان دەیان وت: ئایا ئێمە کاتێ کەمردینو بوین بە خاكو بە ئێسکەڕزاو تازە ئایا زیندو دەکرێینەوە؟

(٤٨) ئایا ئەو زیندو کردنەوە بۆ ئێمە هەیە بۆ باو باپیرانیشمان دەبێو ئەوانیش هەر زیندو دەکرێنەوە؟!

(٤٩) بڵێ: بێ گومان ئەوانەی کە لە پێشدا بوونو ئەوانەیش کە لەپاشدا هاتون.

(٥٠) بەدڵنیاییەوە هەموویان کۆ دەکرێنەوە بۆ کاتی ڕۆژی زانراو کە ڕۆژی قیامەتو حیسابە،

(٥١) پاشان بێگومان ئێوە ئەی ڕێ لێگومبوی خوانەناس پاش زیندو کردنەوەتانو پاش حیسابو فڕەدانتان بۆ ناو ئاگری دۆزەخ عَلَيْهِمْ

(٥٢) بێگومان دەبێ لە بەری داری ژەقنەموت بخۆن کەتاڵترینو بۆن ناخۆشترین درەختە . پێغەمبەر ﷺ لەبارەیەوە دەفەرموێ: {لَوْ أَنَّ قَطْرَةً مِنْ الزَّقُّومِ قُطِرَتْ فِي دَارِ الدُّنْيَا لَأَفْسَدَتْ عَلَى أَهْلِ الدُّنْيَا مَعَايِشَهُمْ فَكَيْفَ بِمَنْ يَكُونُ طَعَامَهُ/ الترمذي، صححه الألباني/ بێگومان ئەگەر یەك تکە لەناوی ئەو ژەقنەموتە بتکێتە ئەم دنیایە ژیانی خەڵکی ئەم دنیایە خراپ دەکات، سا دەبێ ژیانی ئەو کەسە چۆن بێت کە ئەمە خواردنی بێت؟!}

(٥٣) جا سکی خۆیانی لێ پڕ دەکەن.

(٥٤) ئەوسا بەسەریدا ئاوی داخ دەخۆنەوە.

(٥٥) جا هەر دەخۆنەوەو دەخۆنەوە بەڵام هەر تینوەتیتان ناشکێت، وەك ئەو وشترەی کەدوچاری نەخۆشی تێرناونەبون دەبێت.

(٥٦) ئەمەیە سەرەتای پێشوازی لێکردنیان بۆ میوانداری! ئاخۆدەبێ لەپاشدا چییان لێ بکرێت؟

(٥٧) ئێمە ئێوەمان دروستکردوە دەی بۆدەبێ باوەڕ نەکەن بە زیندوبونەوە.

(٥٨) ئایا ئێوە ئاوی شەهوەتتان بینیوە ئەوکاتەی کە دەیرژێنن؟

(٥٩) ئایا ئێوە ئەو شەهوەتە دروست دەکەن یان ئێمەین دروستی دەکەین؟ بۆ بیر لە دروستبونی خۆتان ناکەنەوە تا لە دووبارە زیندوبونەوەتان گومانتان نەمێنێت؟

(٦٠) ئێمە مردنمان داناوە بۆتانو ئێمە بەپاش نادرێینو کەس ناتوانێت دەست بخاتە ناو کاروبارمانەوە.

(٦١) لەسەر ئەوەی کە ئەگەر ئێوە بگۆڕینەوە بە وێنە گەلێکی وەکو خۆتانو سەر لەنوێ دروستتان بکەینەوە لە شێوەیەکدا کەخۆتان نازانن.

(٦٢) جا بە ڕاستی خۆتان دەزانن بە دروستبونی یەکەمتان، سا ئیتر دەبوایە بیر بکەنەوە؟

(٦٣) ئایا دەبینن ئەوەی کە دەیکێڵن.

(٦٤) ئایا ئێوە سەوزی دەکەن یان ئێمەین سەوزی دەکەین؟

(٦٥) ئەگەر ئارەزۆمان لێ بێت هەموی وشك دەکەین خۆ ئیتر ئێوە لەو ڕووداوە سەختە کتوپڕیە سەرتان سوڕدەمێنێت،

(٦٦) ئەوسا دەڵێن بەڕاستی ئێمە زیانمان لێ کەوت،

(٦٧) بەڵکو ئێمە بێ بەشکراین.

(٦٨) ئایا دەبینن ئەو ئاوەی کە دەیخۆنەوە؟

(٦٩) ئایا ئێوە لە هەورەکانەوە ڕەوانەی دەکەن یان ئێمەین دەیبارێنین؟

(٧٠) ئەگەر ئارەزۆمان لێبێت دەیکەین بە ئاوێکی تاڵ کە کەس نەتوانێت بیخواتەوە، دەی حەق وابو ئێوە سوپاسگوزاربن.

(٧١) ئایا دەبینن ئەو ئاگرەی کە خۆتان هەڵیدەکەن؟

(٧٢) ئایا ئێوە درەختی ئەو ئاگرەتان دروستکردوە یان ئێمە دروستکاری ئەو درەختەین؟

(٧٣) ئێمە ئەو درەختەمان کردوە بە بیرەوەری ئاگری دۆزەخو سود لێ وەرگرتن بۆ ڕێبواران و دانیشتوانیش چاکتر. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {نَارُكُمْ هَذِهِ الَّتِي تُوقِدُونَ جُزْءٌ وَاحِدٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ حَرِّ جَهَنَّمَ قَالُوا وَاللَّهِ إِنْ كَانَتْ لَكَافِيَةً يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ فَإِنَّهَا فُضِّلَتْ بِتِسْعَةٍ وَسِتِّينَ جُزْءًا كُلُّهُنَّ مِثْلُ حَرِّهَا/ الترمذي، صححه الألباني/ ئەم ئاگرەتان کەئێوە هەڵیدەگیرسێنن یەك بەشە لەحەفتا بەشی گەرمایی دۆزەخ، وتیان: بەخوا هەر ئەمەش بێت بەسە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺفەرموی: جا بەراستی ئەو شەستو نۆ پلەی بەسەرئەمدا زیادە کە هەریەکیان گەرماکەی وەك

إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ (٧٧) فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ (٧٨) لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا
ٱلۡمُطَهَّرُونَ (٧٩) تَنزِيلٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (٨٠) أَفَبِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِ
أَنتُم مُّدۡهِنُونَ (٨١) وَتَجۡعَلُونَ رِزۡقَكُمۡ أَنَّكُمۡ تُكَذِّبُونَ (٨٢) فَلَوۡلَآ
إِذَا بَلَغَتِ ٱلۡحُلۡقُومَ (٨٣) وَأَنتُمۡ حِينَئِذٖ تَنظُرُونَ (٨٤) وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ
إِلَيۡهِ مِنكُمۡ وَلَٰكِن لَّا تُبۡصِرُونَ (٨٥) فَلَوۡلَآ إِن كُنتُمۡ غَيۡرَ مَدِينِينَ
(٨٦) تَرۡجِعُونَهَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ (٨٧) فَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ
(٨٨) فَرَوۡحٞ وَرَيۡحَانٞ وَجَنَّتُ نَعِيمٖ (٨٩) وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ
ٱلۡيَمِينِ (٩٠) فَسَلَٰمٞ لَّكَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡيَمِينِ (٩١) وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ
ٱلۡمُكَذِّبِينَ ٱلضَّآلِّينَ (٩٢) فَنُزُلٞ مِّنۡ حَمِيمٖ (٩٣) وَتَصۡلِيَةُ جَحِيمٍ
(٩٤) إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ حَقُّ ٱلۡيَقِينِ (٩٥) فَسَبِّحۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلۡعَظِيمِ (٩٦)

سُورَةُ الحَدِيدِ ٥٧ — ٢٩

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (١) لَهُۥ مُلۡكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ (٢)
هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ (٣)

ئەمە} وتراوە لەناو نیوەدوورگەی عەرەبدا دوو درەخت هەیە کە یەکێکیان ناوی (مەرخە)و ئەوی تریان ناوی (عەفار)ە ئەگەر دوو لقی لە یەك بدەیت ئاگر دەکاتەوە، جا داری تەڕو ئاگری سوتێنەر پەروەردگار لەناو یەکدا کۆی کردوەتەوە (سبحان الله) لە هێزو دەسەڵاتت ئەی پەروەردگار). جا هەر دوا بەدوای ئەوەدا دەفەرموێ:

(٧٤) سا بەرزو بەڕێزی بگرە ناوی پەروەردگاری گەورەت.

(٧٥) جا سوێند بەو جێگایانەی کە ئەستێرەکانی لێ هەڵدێتو لێی ئاوا دەبن.

(٧٦) جا بێگومان ئەگەر بزانن ئەوە سوێندێکی گەورەیە.

(٧٧) بێگومان ئەوە قورئانێکی بەڕێزە.

(٧٨) لەناوپەڕاوێکی پارێزراو شاراوەیە کە لەوحولەحفوزە.

(٧٩) کەبێجگە لە فریشتەکان هیچ کەسێکی تری لێی نزیك نەبوەتەوە. واتە بێ باوەڕان درۆ دەکەن کە دەڵێن: ئەم قورئانە جادوە یان قسەی پڕوپوچی کۆنە یان شەیتانەکان بەگوێیدا دەچپێنن.

(٨٠) لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە ڕەوانەکراوە.

(٨١) دەی ئایا ئێوە بەم قورئانە گاڵتە دەکەن.

(٨٢) جا ئێوە باران کە سەرچاوەی ڕۆزیتانە وا دایدەنێن کە بەهۆی برجی فلاّنی یان ئەستێرەی فلاّنی باریوەو دەیکەن بە هاوبەشی خودا بێگومان کە ئێوە بێ باوەڕن ئەگینا شتی وا ناکەن، واتە بەهۆی ئەو نیعمەتەی کە پێمان دان پێویستبو سوپاسی پەروەردگار بکەن، کەچی ئێوە ئەو نیعمەتانەتان کرد بە هۆیەك بۆ نا سوپاسی ئەو زاتە. لەم بارەوە پێغەمبەرمان ﷺ شەوێك لە حودەیبیە بون کە باران باری بو فەرموی: دەزانن پەروەردگارتان چی فەرموە؟ وتیان: خواو پێغەمبەرەکەی دەزانن، فەرموی:{قالَ أصبَحَ مِن عِبَادي مُؤمِنٌ بِي وَ كَافِرٌ، فَأمَّا مَن قَالَ: مُطِرنَا بِفَضلِ اللهِ وَرَحمَتِهِ فَذَلِكَ مُؤمِنٌ بِي كَافِرٌ بِالكَوَاكِب. وَأمَّا مَن قَالَ: مُطِرنَا بِنوءِ كَذا وَكَذا كَافِرٌ بي مُؤمِنٌ بِالكَوَاكِب/ متفق عليه/ فەرموی: ئەم بەیانیە هەندێك لە بەندەکانم باوەڕیان بە من هێناو هەندێکیش بێ باوەڕبون. جا ئەوانەی کە وتیان: بەهۆی خێرو چاکەی خوداوە بارانمان بۆ باری ئەوانە باوەڕیان بە من هێناو کافر بون بە ئەستێرەکان، وە ئەوانەی کەوتیان: بەهۆی ئەستێرەی فلاّنیو فلاّنیەوە بارانمان بۆ باری ئەوانە کافر بون بە منو باوەڕیان هێنا بە ئەستێرەکان}.

(٨٣) جا با ئەو کاتەی کە گیان دەگات بە قوڕقوڕاگەو بەشان هەناسە دەداتو کاتی گیان دەرچونی نزیك بووەتەوە.

(٨٤) خۆ ئێوە لەو کاتەدا تەماشا دەکەنو لە چواردەوری کۆبونەتەوەو ناڕەحەتن بۆی.

(٨٥) لە حاڵێکدا کە ئێمە لەو نزیکترین تا ئێوە، بەلاّم ئێوەنابینن،

(٨٦) سا ئەگەر پێتان وایە کە پرسینەوەو پاداشتو سزایەك نیە بۆتان،

(٨٧) ئەگەر ڕاست دەکەن ئەو گیانە بگەڕێننەوە بۆ ئەو لەشە، چونکە ئێمە بۆ پرسینەوەی دەبەین، ئاشکرایە کە کەس ئەوەی پێ ناکرێت دەی تا کەی ئەوەندە گێلو

گەمژەنو باوەڕ بە زیندوبونەوەو پاداشتو سزا ناکەن؟ ئینجا پەروەردگار دەمانباتەوە بۆ سەرەتای سورەتەکەو هەروەکو لەوێ مرۆڤی کرد بە سێ بەشەوە لێرەش دووبارە بە سێ بەش کۆتایی بە سورەتەکە دەهێنێتو دەفەرموێ:

(٨٨) ئەوسا ئەگەر ئەو کەسەی کە گیانی دەرچو لەوانە بێت کە نزیکن لە خواوە،

(٨٩) ئەوە ئیسراحەتەولەناو بۆنی خۆشو باخچەی نازو نیعمەت و لە کەیف و سەفادایە .

(٩٠) جا ئەگەر لە یارانی دەستە ڕاستیش بوون،

(٩١) ئەو کاتەی کە خەریکە گیان دەردەچێت فریشتەکان دێنە لایو سەلامی لێ دەکەنو دەڵێن: مەترسەو خەمگین مەبە ئەم سەلامەیش هی فریشتە دەستە ڕاستەکانن کە نوسەری چاکەی بەندەکانن.

(٩٢) خۆ ئەگەر ئەو کەسەی کە گیانی دەردەچێت لەو خوانەناسو گومڕایانە بێت.

(٩٣) ئەوە میوانداری دەکرێت بە ئاوی داخ،

(٩٤) ئەوسا فڕێ دەدرێتە دۆزەخەوە. جا ئیتر ئاگر لە هەر چوارلایەوە دەیسوتێنێتو هیچ دەرفەتێکی نیە ج خۆبگرێت یان خۆنەگرێت هەر ئەوەیە جێگای.

(٩٥) بێگومان ئەم باسە هەرخۆی ڕاستیەکی دان پێدانراوە.

(٩٦) سا پاکی ڕابگرەو یادی بکەو بە ناوی پەروەردگاری گەورەتەوە دەست بەکاربە بۆ گەیاندنی پەیامەکەتو وشەی سبحان الله بڵێ. ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەر ی خواوە ﷺ هێناویەتی کە فەرمویەتی:{كَلِمَتَانِ خَفِيفَتَانِ عَلَى اللِّسَانِ، ثَقِيلَتَانِ فِي الميزَانِ حَبِيبَتَانِ إلَى الرَّحمنِ: سُبحَانَ اللهِ وَبِحَمدِهِ، سُبحَانَ اللهِ العَظِيم/ البخاري/ دوو وشەی سوکن لەسەر زمان، قورسن لە کێشانەی چاکەی بەندەدا، خۆشەویستن لەلای ڕەحمان ئەمانەن: (سُبحَانَ اللهِ وَبِحَمدِهِ، سُبحَانَ اللهِ العَظِيم) واتە: پاكو بێ عەیبی بۆ خوا لەگەڵ سوپاسکردنیدا، پاكو بێ عەیبی بۆ خوای گەورە}. تەسبیحات واتە: بە بیرو باوەڕو قسەو کردار شتێك نەکەیت کەشایانی زاتی خودا نەبێتو ببێت بەهۆی سوك ڕاگرتنی، بەڵکو پێویستە موسڵمان هەمیشە بە شێوەیەك ڕەفتار بکات کە گەورەیەتی خودای پێوە دیاربێت، وەك دەفەرموێ: ﴿پەروەردگارت ئەوسا گەورە بکە﴾ مودەسیر/٣.. ﴿ ثُلَّةٌ ﴾ واتە بەش، پارچە، کۆمەڵێك کەژمارەی نەزانرێت. وتراوە مەبەست لە﴿ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾ گەلانی پێشوە لەئادەمەوە تاخاتەم ﷺ.

سورەتی حەدید (٥٧) (٢٩)

سورەتی حەدید کە سورەتی پەنجاو حەوتەمی قورئانە، لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە ئەمەش بیروڕای زۆربەی ڕاڤەکارانەو بیستو نۆ ئایەتە، ناسخو مەنسوخی تێدا نیە.
ئەم سورەتە یەکێك لەو سورەتانەیە کە پێیان دەوترێت: "الْمُسَبِّحَات" واتە ئەو سورەتانەی کە باس لە تەسبیحاتی پەروەردگار یان فەرمان بەو دەست پێدەکەن کە ئەم حەوت سورەتن: {الإِسْرَاء، الْحَدِيد، الْحَشْر،الصَّفّ،الْجُمُعَة، التَّغَابُن، الأَعْلَى.} عیربازی کوڕی ساریە دەڵێت: {أَنَّ النَّبي ﷺ كَانَ يَقْرَأُ الْمُسَبِّحَاتِ قَبْلَ أَنْ يَرْقُدَ وَيَقُولُ إِنَّ فِيهِنَّ آيَةً خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ آيَةٍ/ الترمذي، حسنه الألباني/ بێگومان پێغەمبەر پێش ئەوەی کە بخەوێت (الْمُسَبِّحَاتِ) دەخوێندو دەیفەرمو: بێگومان ئایەتێکیان لەناودایە چاکترە لەهەزار ئایەت}
وتراوە ئەو ئایەتە ئایەتی سێهەمی ئەم سورەتەیە، هەندێکیش وتویانە ئایەتی بیستویەکی سورەتی حەشرە، لە کۆتای سورەتی پێشودا کە سورەتی (الواقعە) بو فەرمانی بە تەسبیحی پەروەردگار دا لەسەرەتای ئەم سورەتەشدا هۆکەی رون دەکاتەوە واتە: ﴿فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ﴾ خودای خۆت تەسبیحات بکەو ناوی بە پاكو بێ عەیب ڕابگرە چونکە ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾.

بەناوی خوای زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) تەسبیحاتی ٱللَّهَ دەکات ئەوەی کە لەناو ئاسمانانو زەویدایە و هەر خۆی دەسەڵاتدارو کاربەجێیە.(السَّبَاحَة) واتە مەلەوانی، کە مەلەوان دەبێت هەمیشە لەجوڵەدا بێتو نابێت بێ ئاگاو کەمتەر خەم بێت ئەگینا دەخنکێت، جا ئێمەش داوای تەسبیحاتمان لێ کراوە واتە: دەبێ مرۆڤی موسڵمان هەمیشە لەجموجوڵدا بێت بۆخواو لەیاد کردنی

هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ
عَلَى ٱلۡعَرۡشِۚ يَعۡلَمُ مَا يَلِجُ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا يَخۡرُجُ مِنۡهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ
ٱلسَّمَآءِ وَمَا يَعۡرُجُ فِيهَاۖ وَهُوَ مَعَكُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ
بَصِيرٞ (٤) لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ
(٥) يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِۚ وَهُوَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ
ٱلصُّدُورِ (٦) ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَأَنفِقُواْ مِمَّا جَعَلَكُم
مُّسۡتَخۡلَفِينَ فِيهِۖ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَأَنفَقُواْ لَهُمۡ أَجۡرٞ كَبِيرٞ (٧)
وَمَا لَكُمۡ لَا تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلرَّسُولُ يَدۡعُوكُمۡ لِتُؤۡمِنُواْ بِرَبِّكُمۡ وَقَدۡ
أَخَذَ مِيثَٰقَكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ (٨) هُوَ ٱلَّذِي يُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦٓ
ءَايَٰتِۢ بَيِّنَٰتٖ لِّيُخۡرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ بِكُمۡ
لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ (٩) وَمَا لَكُمۡ أَلَّا تُنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلِلَّهِ مِيرَٰثُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَا يَسۡتَوِي مِنكُم مَّنۡ أَنفَقَ مِن قَبۡلِ ٱلۡفَتۡحِ
وَقَٰتَلَۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَعۡظَمُ دَرَجَةٗ مِّنَ ٱلَّذِينَ أَنفَقُواْ مِنۢ بَعۡدُ وَقَٰتَلُواْۚ
وَكُلّٗا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ (١٠) مَّن ذَا
ٱلَّذِي يُقۡرِضُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥ وَلَهُۥٓ أَجۡرٞ كَرِيمٞ (١١)

بێ ئاگا نەبێت، ئەگینا شەیتانو شەیتان سیفەتان زاڵ دەبن بە سەریداو فریوی دەدەن و داماوی دنیاو قیامەت دەبێت.

(٢) هەر مولکی ئەوە ئاسمانانو زەوی، زیندو دەکاتەوەو دەمرێنێتو هەر خۆیەتی توانای بەسەر هەمو شتێکدا هەیەو هیچ شتێك لە دەستی ئەو دەرناچێت.

(٣) هەر خۆی لە ئەوەڵەوە بووەو هیچ شت پێش ئەو نەبووەو،دوایش هەر ئەوەو هیچ شت پاش ئەو نیەو ئاشکراو زاڵ هەر ئەوەو هیچ شت لەو ئاشکراو زاڵتر نیەو پەنهان هەر ئەوەو هیچ شتێکیش لەو پەنهان ترنیە و هەر خۆیەتی ئاگای لە هەمو شت هەیە. بەشێك لە دوعای پێغەمبەرمان ﷺ لە کاتی خەوتندا ئەوە بو کە دەیفەرمو: {اللَّهُمَّ أَنْتَ الأَوَّلُ فَلَيْسَ قَبْلَكَ شَيْءٌ وَأَنْتَ الآخِرُ فَلَيْسَ بَعْدَكَ شَيْءٌ وَأَنْتَ الظَّاهِرُ فَلَيْسَ فَوْقَكَ شَيْءٌ وَأَنْتَ الْبَاطِنُ فَلَيْسَ دُونَكَ شَيْءٌ اقْضِ عَنَّا الدَّيْنَ وَأَغْنِنَا مِنَ الْفَقْرِ /مسلم وغيره/ ئەی خوایە هەر خۆتیت لە ئەوەڵەوە بویتو هیچ شت پێش خۆت نەبوەو دوایش هەر خۆتیتو هیچ شت پاش خۆت نیەو ئاشکراو زاڵ هەر خۆتیو هیچ شت لە خۆت ئاشکراو زاڵتر نیەو پەنهان هەر خۆتیو هیچ شتێکیش لەخۆت پەنهان ترنیە، قەرزەکانمان بۆبدەرەوەو لە کەمدەستی بێ نیازمان بکە}.

(٤) خۆی ئەو زاتەیە کە ئاسمانانو زەوی لە شەش ڕۆژدا دروستکردوە، پاشان بەو شێوە کە شایستەی ئەو زاتەیە لەسەر عەرش وەستاوە زانیاریشی هەیە بەسەر ئەوەدا کە دەچێتە ناو زەویو ئەوەی کە لە زەوی دێتە دەرەوەو ئەوەی دێتە خوارەوە لە ئاسمانو ئەوەی بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمانو ئەو لەگەڵتاندایە بە زانیاریو چاودێریو پاراستنتان لە هەر کوێدابنو خوا بینەری ئەو کردارانەیە کە ئێوە دەیکەن، لە فەرمودەدا هاتوە کە {أن تَعبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ فَإن لَم يَكن تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ /متفق عليه/ بەندایەتی خودا بکە وەك ئەوەی کە لەبەر چاوت بێ، جا ئەگەر تۆ ئەو نابینیت بێگومان ئەو تۆ دەبینێت}.

(٥) هەر بۆ ئەوە خاوەنیەتی ئاسمانانو زەویو هەمو کاروبارێکیش هەر بە دەست ئەوەو چۆنی ئارەزۆ لێ بێت ئاوا لە نێوان بەندەکانیدا بڕیار دەدات.

(٦) شەو دەخاتە ناو ڕۆژو ڕۆژیش دەخاتە ناو شەو و بەگوێرەی پێویستی مرۆڤ هەردەم لە یەکێکیان کەم دەکاتەوە بۆ ئەوی تریانو ئەو زانەرە بەوەی کە لەناو دڵەکاندایە، هەموی دەزانێت بە گەورەو بچوکیەوە، جا چۆن دەبێ نەیزانێ کەخۆی دروستکەریەتی؟ ئینجا دەفەرموێ:

(٧) باوەڕ بهێنن بە خواو بەپێغەمبەرەکەی ﷺ و لەو ماڵەی کە ئێوەی کردوە بە جێنشین تێیدا ببەخشن، جا ئەو کەسانەی لە ئێوە کە باوەڕیان هێناوەو ماڵیان بەخشیوە پاداشتێکی گەورەیان بۆ هەیە لە دە بەرامبەرەوە بۆ حەوت سەدو زیاتریش.

(٨) ئەوە چیتانە وا باوەڕ بە خوا ناهێنن لە حاڵێکدا ئەم پێغەمبەرە ﷺ لەناوتاندایەو بانگتان دەکات تا باوەڕبهێنن بە پەروەردگارتان. وە بە ڕاستی ئەگەر ئێوە باوەڕداربن پەیمانی لێ وەرگرتون بۆ باوەڕهێنانو پەیڕەوی کردنی پەیامی ئیسلام، بونی پێغەمبەر خوا ﷺ لە نێوان خەڵکدا نیعمەتو بەڵگەیەکی ڕونە لە سەر ڕاستی ئەو پەیامە، چونکە ئەوان بەچاوی خۆیان موعجیزەکانو هەڵسوکەوتی ئەو پێغەمبەرەیان ﷺدەبینی هەندێك بەس بە بینینی دەم

و چاوی ئەو پێغەمبەرە ﷺ ڕاستی ئەوە بانگەوازەیان بۆ دەردەکەوت، وەك عەبدوڵای کوڕی سەلام دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر ﷺ هات بۆ مەدینە: {فَجِئْتُ فِي النَّاسِ لِأَنْظُرَ إِلَيْهِ فَلَمَّا اسْتَبَنْتُ وَجْهَ رَسُولِ اللهِ ﷺ عَرَفْتُ أَنَّ وَجْهَهُ لَيْسَ بِوَجْهِ كَذَّابٍ /الترمذي،صححه الالباني/ جا ئەو کاتە لەناو خەڵکدا هاتم بۆئەوەی تەماشای بکەم جا لە کاتێکدا چاك وردبومەوە لێی زانیم بەراستی ئەو دەموچاوە،دەموچاوی درۆزن نیە}.

خۆ ئەو پەیمانە کە لەم ئایەتەدا باس کراوە دەگونجێت ئەو پەیمانە بێت،کە پەروەردگار لەکاتی ئادەمدا پەیمانی لەهەمو ڕۆڵەکانی ئادەم وەرگرتوە کە تەنها (ﷲ) پەروەردگاریانە یان ئەو پەیمانە بێت کە پێشەکی پێغەمبەرمان ﷺ وەریگرتوە لە خەڵكو پاشان دەیخاتەوە بیر ئەوان ، ئەوانیش هەتا کۆتایی دنیا دێت دەبێ ئەو پەیمانە بتەو ڕابگرن.

(٩) هەر ئەوە کە چەندین بەڵگەی ڕۆشنی ناردە سەر بەندەی خۆی کە محمدە ﷺ بۆ ئەوەی ئێوە لە تاریکیەکانی نەزانیو گومڕاییو هەواو هەوەس پەرستی ڕزگار بکاتو بتانبات بۆ ڕوناکی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو بێگومان کە خوا سەبارەت بە ئێوە دڵسۆزو میهرەبانەو ئەم هەمو بەڵگە ڕوناکیانەی بۆ ناردوون تا سەرتان لێ نەشێوێتو گومڕا نەبن.

(١٠) ئەوە چیتانە کە نابەخشن لەڕێگای بڵاوکردنەوەی ئاینی خوادا؟ لە کەمدەستیو نەداری مەترسن خودا ئێوە بەو ماڵە تاقی دەکاتەوە، ئەگینا خۆی دەتوانێت هەمو باوەڕدارێك سەروەتمەند بکات، چونکە ئەوەی لە ئاسمانانو زەویدایە هەر بۆ خوا دەمێنێتەوەو ئێوە بەجێی دەهێڵن، ئەوەش بزانن کە ئەو کەسانەی کە لە پێش سەرکەوتنی مەکەدا شتیان بەخشیوە لەڕێگای بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی خواداو شەڕیان کردوە لەسەری لەگەڵ باقی باوڕدارانی دوایدا وەك یەك نین ئەوانە پلەیان گەورەترە لەو کەسانەی کە لەپاشدا شتیان بەخشیوەو شەڕیان کردوە. جا هەمویان خودا بەڵێنی بەهەشتی پێداونو خوا ئاگادارە بەوەی کە ئێوە دەیکەنو بە هەر کەسێك پاداشتی خۆی دەداتەوە لە چاكو لە خراپ، لە زۆرو لە کەم.

ئەم ئایەتە ڕێزو گەورەی یارانی پێغەمبەر ﷺ بەگشتیو بە تایبەت ئەوانەی کە لە پێش فەتحی مەکەدا ئیمانیان هێناوەو بە گیانوبە ماڵ لە خزمەت ئەو بانگەوازە پیرۆزەدا بون.

ئیبنو حەزم ئەم ئایەتە دەکات بە بەڵگە لە سەر ئەوەی کە یارانی پێغەمبەر ﷺ هەمویانی بە بێ شك بەهەشتین بەڵام ئەوانەی کە پێش کەوتن ﷲ وەعدەی پلەی بەرزتری پێداون. خالید کوڕی وەلید لە گەڵ عەبدورەحمانی کوڕی عەوف دا دەمەقاڵەیەکیان بوو کاتێك پێغەمبەر ﷺ ئەمەی بیست بە خالیدی فەرمو: {دَعُوا لِي أَصْحَابِي فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ أَنْفَقْتُمْ مِثْلَ أُحُدٍ أَوْ مِثْلَ الْجِبَالِ ذَهَبًا مَا بَلَغْتُمْ أَعْمَالَهُمْ/متفق عليه/ واز لە یارانی من بهێنن سوێند بەوەی کە گیانی منی بەدەستە ئەگەر وەك کێوی ئوحود یان وەك کێوەکان زێڕ ببەخشن بە کرداری ئەوان ناگەن}

واتە ئەو یارانەم کە دواتر ئیمانی هێناوە با قسە بەو یارانەی من کە پێشتر ئیمانیان هێناوە نەڵێنو بزانن کە بە پلەی ئەوان ناگەن.

جا ئەوانەی کە بە پلەو پایەی خالید ناگەن دەبێت چۆن ڕێز لە پێشکەوتوانی ئەسحاب بگرنو پلەو پایەیان بەرز بنرخێنن؟ پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە پلەکانی بەهەشت دەفەرموێ: {إِنَّ فِي الْجَنَّةِ مِائَةَ دَرَجَةٍ أَعَدَّهَا اللهُ لِلْمُجَاهِدِينَ فِي سَبِيلِهِ كُلُّ دَرَجَتَيْنِ مَا بَيْنَهُمَا كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ /متفق عليه/ بێگومان لەناو بەهەشتدا سەد پلە هەیە کە خوا دایناوە بۆ غەزا کەرانی ڕێگای ئەو کە هەر دوو پلەیەك نێوانیان وەکو نێوانی ئاسمانو زەوییە}ئەمە جیاوازی پلەی غەزا کەرانە لە ناو خۆیاندا، جا جیاوازی پلەی غەزاکەرانو دانیشتوان دەبێت چەند بێت؟

(١١) کێیە ئەو کەسەی کە قەرزی جوان بەخوا بدات؟ ئەوسا چەندقاتی دەکاتەوە بۆی و پاداشتی بەرێزیشی بۆ هەیە. جا لە دە بەرامبەرەوە بۆ حەوت سەد بەرامبەرو زیاتریش دەڕوات.

يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ يَسْعَىٰ نُورُهُم بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِم
بُشْرَاكُمُ الْيَوْمَ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ
هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (١٢) يَوْمَ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ لِلَّذِينَ
آمَنُوا انظُرُونَا نَقْتَبِسْ مِن نُّورِكُمْ قِيلَ ارْجِعُوا وَرَاءَكُمْ فَالْتَمِسُوا نُورًا
فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُ بَابٌ بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ وَظَاهِرُهُ مِن قِبَلِهِ
الْعَذَابُ (١٣) يُنَادُونَهُمْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ ۖ قَالُوا بَلَىٰ وَلَٰكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ
أَنفُسَكُمْ وَتَرَبَّصْتُمْ وَارْتَبْتُمْ وَغَرَّتْكُمُ الْأَمَانِيُّ حَتَّىٰ جَاءَ أَمْرُ
اللَّهِ وَغَرَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ (١٤) فَالْيَوْمَ لَا يُؤْخَذُ مِنكُمْ فِدْيَةٌ وَلَا
مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا ۚ مَأْوَاكُمُ النَّارُ ۖ هِيَ مَوْلَاكُمْ ۖ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ
(١٥) ۞ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ
وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلُ
فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ (١٦)
اعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ۚ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ
لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (١٧) إِنَّ الْمُصَّدِّقِينَ وَالْمُصَّدِّقَاتِ وَأَقْرَضُوا
اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعَفُ لَهُمْ وَلَهُمْ أَجْرٌ كَرِيمٌ (١٨)

(١٢) ئەو ڕۆژەی کە تۆ دەبینیت پیاوانو ئافرەتانی باوەڕدار ڕوناکی کردارە چاکەکانیان لەلای ڕاستیانەوەو لەپێش دەمیانەوە دەڕوات، خۆشیو شادمانی ئێوە لەمڕۆدا باخچەیانێکە کە چەند جۆگەی بەناودا دەڕوات، بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە، ئەوە هەر خۆیەتی شادمانیو بەهرەی گەورە. کاتێك کە هەر کەس هەرچی پەرستوە لە دنیادا شوێنی ئەوە دەکەوێتو بەرەو دۆزەخ دەڕوات ئەوکاتە تەنها باوەڕدارانو موناففقان دەمێنێنەوە، حا ئەو کاتە باوەڕدان ﷻ روناکیان پێدەبەخشێت کە بەسەر پردی سیراتدا تێپەڕن، وەك پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {فيُعطِيهِم نُورَهم عَلَى قَدرِ أعمَالِهِم فَمِنهُم مَن يُعطَى نُورَهُ مِثلَ الْجَبَلِ الْعَظِيمِ يَسعَى بَينَ أيدِيهِم وَمِنهُم مَن يُعطَى نُورَه أصغَرَ مِن ذَلِكَ وَمِنهُم مَن يُعطَى مِثلَ النَّخلَةِ بِيَدِهِ وَمِنهُم مَن يُعطَى أصغَرَ مِن ذَلِكَ حَتَى يَكونَ آخرُهُم رَجُلاً يُعطَى نُورَهُ عَلَى إبْهَامِ قَدَمِهِ يضيء مَرةً ويطفأ مَرةَ فَإذَا أَضَاءَ قَدَمه قدم وإذَا أطفىء قَام قَال وَالربُّ تَبارَكَ وَتَعَالَى أَمَامَهُم حَتَى يَمُرَّ بِهِم إلى النَّارِ فَيبقَى أثره كحد السيف دحض مزلة قَالَ فَيَقُولُ مروا فيمرون عَلَى قَدَرِ نُورِهِم مِنهُم مَن يمر كطرفة الْعَينِ وَمِنهُم من يمر كالْبرقِ وَمِنهُم مَن يَمر كَالسَّحَابِ وَمِنهُم مَن يَمر كانقضاضِ الْكَوَاكِبِ وَمِنهُم مَن يمر كَالرِّيحِ وَمِنهُم مَن يَمر كَشد الفرس وَمِنهُم مَن يَمر كَشدِ الرجل حَتَى يمر الذِّي يعطى نوره عَلَى ظهر قَدَمَيهِ يحبو عَلَى وَجهِهِ ويديه ورجليه تخر يد وتعلق يد وتخر رجل وتعلق رجل وَتُصِيبُ جَوَانِبَهُ النَّارُ فلا يزال كذلك حتى يخلص فإذا خلص وقف عليها فقال الْحَمْدُ للهِ الذِّي أعطَاني مَا لَم يُعطِ أَحَدًا إذْ أنْجَانِي مِنهَا بَعدَ إذْ رَأيتُها / ابن أبي الدنيا، صححه الألباني/ ئەوسا روناکیەکانیان پێدەدات بەگوێرەی کردارەکانیان جا لەناویاندا هەیە کە روناکییەکی پێدەدەرێت وەکو چیایەکی گەورەولەواندا هەیە کە لەوە بچوك تری پێدەدەرێت، هەیانە کە وەك دارخورمایەکی پێ دەدرێت کە بەدەستیوەیە، هەیشیانە لەوە بچوکتری پێ دەدرێت هەتا کۆتاییەکەیان پیاوێکە کەروناکییەکەی لەسەر پەنجە بەرانەی پێی پێدەدرێت کە هەندێ جارڕۆشن دەبێتو هەندێ جاریش دەکوژێتەوە، جا هەرکاتێ ڕۆشن بو دەڕوات وهەرکاتیش کوژایەوە دەوەستێت، دەفەرموێ: پەروەردگاری بێ عەیبو بە شکۆ لەپێشیانەوەیە تا بەسەر ئەوئاگرەدا دەریان دەکات جا شوێنەواری دەمێنێتەوە وەك تیژای شمشێر کەخلیسکەو شوێن کەوتنە فەرموی: پێیان دەفەرموێ: بڕۆن جا بەگوێرەی روناکییەکەیان تێدەپەڕن کە لەناو ئەواندا کەسی وا هەیە وەکو چاوبڕکەیەك تێدەپەڕێتو هەیانە وەك چەخماخەی هەور تێدەپەڕێتوهەشیانە کە وەك هەور دەڕواتو هی وایشیان هەیە وەك کەوتنە خوارەوەی ئەستێرەکان دەڕواتوهی وایشیان هەیە وەك با دەڕواتو هی وایشیان هەیە وەك ئەسپێکی چاك دەڕوات، لەواندا کەسی واش هەیە کە وەك پیاوێکی بەهێز دەڕوات، کەسی وایش هەیە کە روناکییەکەی لەسەر هەردووپێیەتی بەگاوەلکە لەسەر دمو چاویو هەردوو دەستیو هەردووپێی دەڕوات کەدەستێکی دەخلیسکێتو بەدەستێکی دەگیرێتەوەو پێیەکی دەخلیسکێتو بەپێیەکی دەگیرێتەوەو هەمولایەکی ئاگری پێدەگات هەمیشە هەر وادەبێت هەتا رزگاری دەبێت، جا ئەو کاتە کە رزگاری بو لەسەری دەوەستێتو ئینجا دەلێت: سوپاس بۆخوا شتێکی وای داوە بە من بەکەسی نەداوە کە رزگاری کردم لەوئاگرە پاش ئەوەی کە دیتم} هەروەهاپێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {بَشِّرْ الْمَشَّائِينَ فِي الظُّلَمِ إِلَى الْمَسَاجِدِ بِالنُّورِ التَّامِّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ / الترمذي، صححه الألباني/

موژدە بدە بەوانەی کە لە تاریکاییەکاندا هاتوچۆی مزگەوتەکان دەکەن بە رۆشنای تەواو لە رۆژی قیامەتدا}.

(١٣) ئەو رۆژە پیاوانو ئافرەتانی دووڕوو دەڵێن: بەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە ئا لایەکمان لێ بکەنەوە تا ئێمەیش کەمێك لەو ڕووناکیەتان وەرگرین بۆ ئەم ڕێگامانە، جا لەوێدا بە گاڵتەوە پێیان دەوترێت: بگەڕێنەوە بۆ پاش خۆتان تا لەوێدا ڕووناکیەك پەیدا بکەن، جا تا ڕوو دەکەنەوە بۆ پاش خۆیان دیوارێك لەنێوانیاندا پەیدا دەبێت کە دەرگای هەیەو ئیتر ڕێگایان لێ دەگیرێت کە بە شوێن موسڵماناندا برۆنو لە ڕوناکی ئەوان سوود وەرگرن لە ناوەوەی ئەو دەرگایە بۆ باوەڕداران چاکەو نیعمەتی فرەوانەو دەرەکەیشی بۆ دووڕووەکان سزایەو دەبێت تێیدا بن، چونکە بەرهەمی کاری ناپەسەندی دنیای خۆیانەو خوا ستەم لە کەس ناکات.

(١٤) جا دووڕووەکان بانگیان دەکەنو دەڵێن: ئایا ئێمەیش هەر لەگەڵ ئێوەدا نەبوین لە دنیاداو هاتوچۆی مزگەوتو کاری چاكو شتی ترمان نەدەکرد؟ باوەڕدارانیش وەڵامیان دەدەنەوەو دەڵێن: بەڵێ لەگەل ئێمەدابون بەڵام ئێوە خیانەتتان بە خۆتان کردو خۆتان فریوداو چاوەڕێتان دەکرد تا بزانن باوەڕداران چیان بەسەر دێتو گومانتان هەبو لە ڕاستیو دروستی ئەم ئایینەداو ئاواتە زۆرو زەبەنەکەتان سەرگەرمی کردن تا فرمانی خوا هاتو مردنو شەیتان بە میهرەبانیو چاو پۆشی خودا فریوی دانو تەوبەتان نەکرد، جا بەڕاستیو بێ نیفاقو دوودڵی نەهاتنەوە بۆ لای خودا.

(١٥) جا ئەمڕۆ نە لە ئێوەی دووڕوو نە لەو کەسانەیش کە خوانەناس بوون هیچ فیدیەیەك وەرناگیرێت بۆ ڕزگاربوونتان ، جێگاتان ئاگرە، هەر ئەویشە دۆستی ئەمڕۆی ئێوەو پیسترین سەرئەنجامە ئەو شوێنە بۆتان.

(١٦) ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە کە دڵیان بترسێتو ئامادەی یادی خوا بێتو پەیڕەوی بکات لەوەی کە بەڕاستی ڕەوانەی کردوەو نەبێت لەریزی ئەو کەسانەی کە پەڕاوی خودایان بۆ هات لەپێشدا، جا ماوەیەکی درێژ بەسەریاندا تێپەڕی ئەوسا دڵیان ڕەق بوو دورکەوتنەوە لێیو زۆربەیان لە سنوری ڕاستی تێپەڕین، ئیبنو مەسعود دەڵێت: {مَا كَانَ بَيْنَ إِسْلَامِنَا وَبَيْنَ أَنْ عَاتَبَنَا اللهُ بِهَذِهِ الْآيَةِ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللهِ إِلَّا أَرْبَعُ سِنِينَ/مسلم وغیره/ نێوان موسوڵمان بونی ئێمەو دابەزینی ئەم ئایەتە کە ﷻ سەرکۆنەی کردین تەنها چوار ساڵ تێپەڕیبوو} ئەمە تەنها چوار ساڵ تێپەڕیبوو بەسەر خەڵکی مەدینەدا کە ئەم ئایەتە دابەزیوەو سەرکۆنەی ئەو موسڵمانانە دەکات لەو سەردەمەدا ئەی دەبێت حاڵی ئێمە چۆن بێت ئێستا لەلای پەروەردگارمان؟ پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ أَوَّلَ مَا يُرفَعُ مِن النَّاسِ الْخُشُوعُ/الطبراني، صححه الألباني/ یەکەم شت کە لەناو خەڵکدا هەڵدەگیرێتو نامێنێت ملکەچییەکی خۆشەویستانەیە بۆ خوا}

(١٧) بزانن کە زەوی پاش ئەوەی هەرچی لەسەرە لە گژوگیا وشك دەبێتو نامێنێت بێگومان هەر خودایە زیندوی دەکاتەوە (تا بەڵگەیەك بێت لەسەر زیندوکردنەوەی ئێوەش) بە ڕاستی ئێمە نیشانەکانی خۆمان بۆ ئێوە ڕۆشنکردوەتەوە، بەڵکو ئێوەیش تێبگەنو لە بیری زیندو کردنەوەی خۆتاندا بنو بزانن چیتان بۆ ئامادەکردوە.

(١٨) بێگومان ئەو پیاوو ئافرەتانەی کە چاکە دەکەنو قەرزی چاك بە خودا دەدەن، واتە: چاکەی بێ منەت، ئاشکرایە کە خودا نیازی بە پارەو ماڵی کەس نیە، بەڵام ئەو زاتە هەر چاکەیەك بکرێت لەگەڵ گیانلەبەرێکدا مرۆڤ یان جگە لە مرۆڤ بێت بە چاکە لەگەڵ خۆیدا دادەنێتو خۆی پاداشتی چاکەی چاکەکارەکە دەداتەوە، ئەمە بزانە بۆ هەمو شوێنەکانی تر شایەت لە شوێنێکی تردا ئەم قسەت بە بەرچاو نەکەوێت، جا خوا بەو باوەڕدارانە لە دە بەرامبەر بۆ حەوت سەد بەرامبەروزیاتریش پاداشت دەداتەوە، بەراستی پاداشتێکی بەرێزی سەخاوەتمەندانەیان بۆ هەیە.

(١٩) جا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە بە خواو بەپێغەمبەرانی ئەوانەن ڕاستگۆیانو شایەتان لەلای پەروەردگاری خۆیان بەسەر باقی خەڵکانی تردا، ئەوانە

وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَۖ وَٱلشُّهَدَآءُ
عِندَ رَبِّهِمۡ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ وَنُورُهُمۡۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ
بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١٩﴾ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ
ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞ وَزِينَةٞ وَتَفَاخُرُۢ بَيۡنَكُمۡ وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ
وَٱلۡأَوۡلَٰدِۖ كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ
مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗاۖ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٞ شَدِيدٞ وَمَغۡفِرَةٞ
مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٞۚ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ ﴿٢٠﴾
سَابِقُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا كَعَرۡضِ ٱلسَّمَآءِ
وَٱلۡأَرۡضِ أُعِدَّتۡ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ
ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٢١﴾ مَآ أَصَابَ
مِن مُّصِيبَةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ
مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ﴿٢٢﴾ لِّكَيۡلَا
تَأۡسَوۡاْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمۡ وَلَا تَفۡرَحُواْ بِمَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ وَٱللَّهُ
لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾ ٱلَّذِينَ يَبۡخَلُونَ وَيَأۡمُرُونَ
ٱلنَّاسَ بِٱلۡبُخۡلِۗ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ﴿٢٤﴾

لەلای خودا پاداشتیان هەیەو ڕووناکیش، جا ئەو کەسانەی کە خوانەناس بونو باوەڕیان بە نیشانەکانی ئێمە نەکردوە ئەوانە یارانی دۆزەخن (خودا پەنامان بدات لە دۆزەخو ئەهلەکەی).

(٢٠) چاك بزانن کە ژیانی دنیا گەمەو گاڵتەو سەرگەرمیو خۆجوانکردنو خۆهەڵکێشانە لەنێوان خۆتانداو فرەبوونی ماڵو منداڵە هەروەك بارانێك وایە کە دانەوێڵە سەوز دەکاتو جوتیاران سەریان سوڕماوە لەو گەشەو پێگەیاندنە پاشان پێدەگاتو بەرەبەرە زەرد دەبێت پاشان وشكو ورد دەبێت، لە ڕۆژی دوایشدا سزای توند هەیە بۆ تاوانبارانو لەلایەن خوداوە لێخۆشبونو ڕازی بون هەیە لە چاکەکاران، ئەوسا ژیانی دنیا هەر خۆشیەکی فریودەرەو هیچی تر، مەگەر بۆ ئەو کەسانەی کە ژیربنو بیکەن بە کێڵگەی باش بۆ دوارۆژیان. لە فەرمودەدا هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: {لَلْجَنَّةُ أَقْرَبُ إِلَى أَحَدِكُم مِن شِراكِ نَعلِهِ، وَالنَّارُ مِثلُ ذَلِك /متفق علیە/ بێگومان کە بەهەشت بۆ هەر یەکێك لە ئێوە نزیکترە لە قەیتانی پێڵاوەکەیو ئاگریش هەروەك ئەوە} جا دەفەرموێ: کامیانت دەوێت هەر بەزویی پێی دەگەییت، خوای گەورە دەفەرموێ:

(٢١) دەی کێبڕکێ بکەن بۆ لێخۆشبون لەلایەن پەروەردگارتانەوەو بەهەشتێك کە پانایيەکەی وەك پانایی ئاسمانانو زەوییە ئامادەکراوە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەرەکانی، ئەوە چاکەی خودایە دەیدات بەو کەسەی کە ئارەزۆی لێبێتو خودا خاوەنی چاکەی گەورەیە.

(٢٢) هەر بەڵایەك لەم زەویەدا ڕوودەداتو هەر بەڵایەك بەسەر خۆتاندا دێت هەر هەموی نوسراوە لە (لەوحولەحفوز)دا پێش ئەوەی ئەو خەڵکە دروست بکەین یان ئەو بەڵایە بخەینە ڕوو بێگومان ئەوەش لەلای خودا ئیشێکی ئاسانە، لە فەرمودەدا کە ئیمامی مسلم لە ئەبو هورەیرەوە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هێناویەتی هاتوە کە فەرمویەتی: {قَدَّرَ اللهُ المَقَادِيرِ قَبلَ أن يَخلُقَ السَّموتِ وَالأرضَ بِخَمسِينَ ألفَ سَنَة/ متفق علیە/ خودا ئەندازەی هەمو شتێکی دیاری کردوە پەنجا هەزار ساڵ پێش ئەوەی کە ئاسمانانو زەوی دروست بکات}.

(٢٣) بۆ ئەوەی کە ئێوە شتێك کە لە دەستتان دەچێت خەم نەخۆنو لەخۆتانیش بایی نەبن بەو سەروەتو سامانو تەندروستیو شۆرەتو پلەیەی کە پێی داون، چونکە یەکەمیان تازە بۆت ناگەڕێتەوەو دووهەمیشیان تاقی دەکرێیتەوە، جا بەم زوانە یان ئەو لەدەست تۆدا نامێنێت یان تۆ بۆ بەکار هێنانی ئەو نامێنیێتو دەڕۆیت. ئەوسا خودا مرۆڤی بە دەعیەو فیزو شانازی بەخۆکەری خۆش ناوێت، ئەوانە کێن؟ بەم ئایەتە وەڵامان دەداتەوە کە دەفەرموێ:

(٢٤) ئەو کەسانەن کە خۆیان ڕژدی دەکەن لە پەیڕەوکردنی ئایینو بەخشینی ماڵداو فەرمانیش بە خەڵکی دەکەن کە ئەوانیش هەمان ڕێگای ئەوان بگرنە بەرو هەر کەسێك پشت لەو ئایینە بکات هەر خۆی زیانی پێ دەگات، ئەوسا بێگومان کە خوا هەر خۆی بێ نیازو

لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ
وَٱلْمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَأَنزَلْنَا ٱلْحَدِيدَ فِيهِ
بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ
بِٱلْغَيْبِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٢٥﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا وَإِبْرَٰهِيمَ
وَجَعَلْنَا فِى ذُرِّيَّتِهِمَا ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلْكِتَٰبَ ۖ فَمِنْهُم مُّهْتَدٍ ۖ
وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٢٦﴾ ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم
بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ
وَجَعَلْنَا فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً
ٱبْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَٰهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ رِضْوَٰنِ ٱللَّهِ فَمَا
رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا ۖ فَـَٔاتَيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ ۖ
وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٢٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ
وَءَامِنُوا۟ بِرَسُولِهِۦ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِۦ وَيَجْعَل لَّكُمْ
نُورًا تَمْشُونَ بِهِۦ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٨﴾ لِّئَلَّا يَعْلَمَ
أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ أَلَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَىْءٍ مِّن فَضْلِ ٱللَّهِ ۙ وَأَنَّ
ٱلْفَضْلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٢٩﴾

ستایشکراوە لە ئاسمانانو لە زەویداو نیازی بە بەخشینو بەندایەتی ئێمە نیە، بەڵکو ئێمە نیازمان بەوهەیە.

(٢٥) بە ڕاستی ئێمە نێردراوەکانی خۆمان نارد، بە بەڵگەگەلێکی ڕۆشنەوەو پەڕاوو تەرازومان پێدان تا خەڵکی بە دادپەروەرانە لەناو خۆیاندا بە یەکسانی ڕەفتار بکەنو ئاسن کە هێزێکی بتەوو خاوەنی سزای توندەو سوودیشی هەیە بۆ خەڵك پێمان داون تا دەربکەوێت بە ڕوونی کە کێ یارمەتی ئایینی خوداو پێغەمبەرانی دەداتو لەگەیاندنی پەیامەکەیدا لەو هێزە سوتێنەرو توندە ناسڵەوێتەوەو پشت بە خوا دەبەستێت کە بێگومان خودا بە هێزو بە دەسەڵاتەو کەس سەرناکەوێت بەسەریدا لە ململانی کردنیدا. ئینجا دەفەرموێ:

(٢٦) بە ڕاستی ئێمە نوحو ئیبراهیمیشمان ناردو لەناو نەوەکانیاندا پێغەمبەرایەتیو پەڕاومان پێدان واتە: ئەو چوار پەڕاوە: تەوراتو ئینجیلو زەبورو قورئان کە ئەوانە بە نەوەی ئیبراهیم دران جا هەندێك لەو خەڵکەی ئەوانیش ڕێگای خۆشبەختیان گرتو زۆریشیان لە سنوری خوداپەرستی لایانداو لاڕێ بون.

(٢٧) پاشان بە شوێن ئەوانیشدا پێغەمبەرانێکمان ڕەوانە کردو عیسای کوڕی مەریەمیشمان بە دوای ئەواندا ناردو ئینجیلمان پێداو بەزەییو سۆزمان لەناو دڵی ئەو کەسانەدا دانا کە پەیڕەوی ئەویان کردو خۆتەرخان کردن بۆ خوایشیان داهێنا کە ئێمە پێویستمان نەکردبو لەسەریان ئەوان گوایە هەر لەبەر ڕەزامەندی خودا ئەو کارەیان کردبو، بەڵام بەشێوەی گونجاو ڕاست ئەو بەندایەتیەیان نەبردە سەر، ئەوسا بەو کەسانەی کە باوەڕی هێنابو پاداشتی خۆیانمان پێدانو ئیشەکەیان بە بەلاش نەچوو، جا زۆربەی ئەوانیش لەسنوری ڕاستیو خوداپەرستی تێپەڕیبوون.

(٢٨) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسنو باوەڕ بە پێغەمبەرەکەی کە محمدە ﷺ بکەن خوا لە سۆزو چاکەی خۆی پاداشتی دوو بەرامبەرتان پێ دەداتو ڕووناکیەکتان پێ دەدات کە ڕێگای پێ ببڕن لە دنیاو لەسەر پردی سیراتیشداو لێتان خۆشدەبێتو خودا لێبوردەو میهرەبانە بۆ بەندەکانی. هەندێ لەزانایان پێیان وایە ئەم ئایەتە رو لە ئەهلی کیتاب دەکات کە با باوەر بهێنن بە محمد، ئەوسا پاداشتی دوو بەرامبەریان بۆ هەیە وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {ثَلَاثَةٌ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُمْ مَرَّتَيْنِ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمَنَ بِنَبِيِّهِ وَأَدْرَكَ النَّبِيَّ ﷺ فَآمَنَ بِهِ وَاتَّبَعَهُ وَصَدَّقَهُ فَلَهُ أَجْرَانِ وَعَبْدٌ مَمْلُوكٌ أَدَّى حَقَّ اللهِ تَعَالَى وَحَقَّ سَيِّدِهِ فَلَهُ أَجْرَانِ وَرَجُلٌ كَانَتْ لَهُ أَمَةٌ فَغَذَّاهَا فَأَحْسَنَ غِذَاءَهَا ثُمَّ أَدَّبَهَا فَأَحْسَنَ أَدَبَهَا ثُمَّ أَعْتَقَهَا وَتَزَوَّجَهَا فَلَهُ أَجْرَانِ /متفق عليه/ سێ کەس هەن کەپاداشتی دوو بەرامبەریان بۆ هەیە،پیاوێك لەئەهلی کتاب کەباوەڕی بەپێغەمبەرەکەی خۆی هێنابێتو گەیشتبێت بەم پێغەمبەرە ﷺ، جا باوەڕی پێکردبێت ودوای کەوتبێت وبەراستی زانیبێت ئەوسا ئەوە پاداشتی دوو بەرامبەری بۆهەیە، بەندەیەك کەبەندەی کەسێك بێت کە مافەکانی ﷲ جێ بەجێ بکاتومافی خاوەنەکەشی ئەوەش پاداشتی دوو بەرامبەری بۆ هەیە، وە کەسێکیش کە کەنیزەیەکی هەبێت جا خواردنی پێبدات بەخواردنێکی باش، جا بەشێوەکی جوانیش پەروەردەی بکاتو پاشان

٥٨ سُورَةُ المجَادَلة ٢٢

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ
وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا ۚ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ ﴿١﴾ الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ
مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ ۖ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلَّا اللَّائِي
وَلَدْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا ۚ وَإِنَّ
اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴿٢﴾ وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ
لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ۚ ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ
بِهِ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٣﴾ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ
مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ۖ فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ
مِسْكِينًا ۚ ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ۚ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ ۗ
وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾ إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ كُبِتُوا
كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ وَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ ۚ وَلِلْكَافِرِينَ
عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٥﴾ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا
عَمِلُوا ۚ أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ ۚ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴿٦﴾

ئازادی بکاتو ئینجا بیدات بەشو، ئەوسا ئەویش پاداشتی دوو بەرامبەری بۆهەیە} جا دەگونجێت ئەمە تایبەت بە ئەهلی کتاب نەبێت، بەڵکو بەگشتی هەمو ئەوانەی کە لەخوا دەترسنو بە پێغەمبەرایەتی محمدی ﷺ کوڕی عبداللە باوەڕیان هێناوە، لەم ئایەتەدا پەروەردگار بەسۆزو چاکەی خۆی بەڵێنی پاداشتی دوو بەرامبەریان پێدەدات چونکە ئەوان هەم باوەڕیان بە محمدو قورئان هێناوەو هەم بە پێغەمبەرانی پێشویش.

﴿٢٩﴾ تا ئەهلی کتاب وا نەزانن لەو چاکەی کە لەلای خودایە ئەوان هیچیان بەدەستە، خۆ بێگومان هەرچی هەیە هەربە دەستی خودایە، دەیدات بەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێت و اللە ﷻ خاوەنی خێرو چاکەی گەورەیە.

٥٨ سورەتی موجادەلە ٢٢

سورەتی موجادەلە کە سورەتی پەنجاو هەشتەمی قورئانە، لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، بیستو دوو ئایەتە.

هەروەها بە سورەتی(قَدْ سَمِعَ) و (الظهار)یش ناوبراوە، ئایەتی سیانزەهەمینی ناسخی ئایەتی دوانزەهەمیەتی، ئەم سورەتە سەرەتای نیوەی دووهەمی قورئانە بەگوێرەی ژمارەی سورەتەکان چونکە سورەتی پەنجاو هەشتەمینە، وە سەرەتای بەشی دەیەمی قورئانە بەگوێرەی جوزئەکانی قورئان و هیچ ئایەتێکی ئەم سورەتە نیە مەگەر ناوی خوای بە وشەی بەرزی (الله)ی جارێك یان دوو یان سێ جاری تێدا هاتبێت.

لە سورەتی پێشودا باس لە سیفەتە بەرزەکانی اللە کرا کە لەوانە زانیاریو ئاگاداری پەروەردگار بە بەندەکانی، هەروەها باس لەوەکرا کە لەهەر کوێدا بن لەگەڵیاندایە جا لەم سورەتەدا بەباسکردنی چەند روداوێك راستی ئەو سیفەتانە دەچەسپێنێت ماناکانیان لە(علم اليقين)ەوە دەکات بە(عين اليقين).

بەناوی اللە ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

خاتون عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: {الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي وَسِعَ سَمْعُهُ الْأَصْوَاتَ لَقَدْ جَاءَتْ الْمُجَادِلَةُ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ وَأَنَا فِي نَاحِيَةِ الْبَيْتِ تَشْكُو زَوْجَهَا وَمَا أَسْمَعُ مَا تَقُولُ فَأَنْزَلَ الله قَدْ سَمِعَ اللَّهُ الى وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾ } / أحمد، صححه الألباني/ سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە هەمو دەنگێك دەبیستێت، بەڕاستی ئەو ئافرەتە کێشەی خۆی لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ باسکرد من لە گۆشەیەکی ئەو ژوورەدا بوم لە زۆر قسەی حاڵی نەبوم بەڵام پەروەردگار ئەمەی نارده خوارەوە ﴿بە راستی خودا بیستی قسەی ئەو ئافرەتەی کە بۆتۆی دەکرد لەبارەی مێردەکەیەوە﴾}

﴿١﴾ بە راستی خودا بیستی قسەی ئەو ئافرەتە کە ناوی خەولەی کچی سەعلەبە بو لەگەڵ تۆدا لەبارەی مێردەکەیەوە کە ناوی ئەوسی کوڕی سامیت بو قسەی دەکردو شکاتی خۆی هێنایە لات(وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لاوی خواردمو سکم بۆی تەکاند تا پیربومو لە منداڵکردن کەوتم، کەچی ئێستا زیهاری لەگەڵ مندا کردوە واتە وتبوی: (أنتِ عَلَيَّ كَظَهرِ أمّي/ تۆ لای من وەکو پشتی دایکم وایت) ئەمەش لە پێشدا وەك تەڵاق بو، جا

هەرچەندە مێردەکەی ویستبوی لەگەڵیدا هاوجێ بێت نەیهێشتبو وتبوی: نابێت نزیکم بکەویتەوە هەتا خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ لەمبارەوە بڕیار نەدەن، جا ئەمەی بە پێغەمبەر ﷺ، وت: پێغەمبەریش ﷺ هەر دەیفەرمو: ئەی خەولە ئامۆزاتەو پیرە لە خوا بترسە سەبارەت بەو، دەڵێت: بە خوا لەو جێگادا نەجوڵابوم قورئان دەربارەی من هاتە خوارەوە، جا پێغەمبەر ﷺ دایپۆشی ئەوەی کە دایپۆشی لەکاتی هاتنی وەحیدا، پاشان ئەوەی لەسەر ئەماو پێی فەرموم: (ئەی خەولە خوا سەبارەت بە خۆتو بە هاوسەرەکەت قورئانی ناردوە پاشان ئەم ئایەتانەی بە سەرمدا خوێندەوە ﴿قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ الى وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾﴾ المجادلة: ١ - ٤. بەڵێ: بەڕاستی خوا بیسەری هەمو قسەیەکەو بینەری هەمو هەڵسوکەوتێکە، جا ئەگەر ئاگایی‌و زانیاری بەهەمو شتێك نیە چۆن ئەورووداوەی بیست لەهۆدەیەکدا کەخاتون عائیشە لە گۆشەیەکیدایەو دەڵێت: ئەو ئافرەتە ئەوەندە بەهێواش قسەی دەکرد من لەزۆر قسەی تێ نەدەگەیشتم؟ جا دەفەرموێ:

(٢) ئەو کەسانەی کە بە ژنانی خۆیان دەڵێن: تۆ وەکو پشتی دایکم یان وەکو دایکمی یان شتێکی لەو شێوەیە ئەوانە بەو قسەیە نابن بە دایکیان‌و حەرام نابن لەسەریان‌و داکیان تەنها ئەو ئافرەتانەن کە ئەوان لێی پەیدابون، بێگومان ئەوانە قسەیەکی خوێن تاڵ‌و درۆ دەکەن، پێویستە لێی پەشیمان ببنەوە بەڕاستی خوا دەبورێت‌و چاپۆشی لە تاوان دەکات. ئینجا پەروەردگار باسی فیدیەی ئەو قسە ناشیرینە دەکات‌و دەفەرموێ:

(٣) جا ئەو کەسانەی کە ئەم قسەیە لەگەڵ ژنانی خۆیاندا دەکەن (الظِهار)و پاشان پەشیمان دەبنەوە لەو قسەی کە کردویانەو دەیانەوێت ئەم ژنانە هەر حەڵاڵ‌و هاوسەری خۆیان بن، پێویستە یەکێك لەم سێ ڕێگایە ئەنجام بدەن، یەکەم: ئازادکردنی بەندەیەکی ئیماندار پێش ئەوەی هاوجێگای لەگەڵ ئەو هاوسەرەیدابکات، ئەوەیە کە ئێوەی پێ ئامۆژگاری دەکرێت‌و ﷲ زۆر بە ئاگایە بەوەی کە ئێوە دەیکەن، دووهەم‌و سێهەم:

(٤) ئەوسا هەر کەسێك توانای ئازاد کردنی بەندەی نەبێت دەبێت دوو مانگ لەسەریەك ڕۆژوو بگرێت پێش ئەوەی بچێتە لای خێزانی، سێهەمیش: ئەگەر توانای ئەو دوو مانگە ڕۆژووەی نەبو دەبێت خواردنی شەست هەژار (خواردنێکی مام ناوەندی) بدات ئەویش دیسان پێش چوونە لای خێزانی، پاشان دەفەرموێ: ئەمە بۆ ئەوەیە کە ئێوە باوەڕ بهێنن بە خواو بە پێغەمبەرەکەی ﷺ ، جا ئەوەیە سنورەکانی خودا نەیبەزێنن‌و بۆ خوانەناسانیش سزایەکی بەژان هەیە. دەڵێن: کە سەلمانی کوڕی سەخری ئەنساری کەسێکی تیرەی بەنی بەیاڵەیە ژنەکەی خۆی دانا بە پشتی دایکی هەتا ڕەمەزان بچێت جا کاتێ کە نیوەی ڕەمەزان ڕۆیشت جیماعی لەگەڵدا کرد، ئینجا چوە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و روداوەکەی بۆ باسکرد، ئەوسا پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمو: {أَعْتِقْ رَقَبَةً قَالَ لَا أَجِدُهَا قَالَ فَصُمْ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ قَالَ لَا أَسْتَطِيعُ قَالَ أَطْعِمْ سِتِّينَ مِسْكِينًا قَالَ لَا أَجِدُ فَقَالَ رَسُولُ الله ﷺ لِفَرْوَةَ بْنِ عَمْرٍو أَعْطِهِ ذَلِكَ الْعَرَقَ وَهُوَ مِكْتَلٌ يَأْخُذُ خَمْسَةَ عَشَرَ صَاعًا أَوْ سِتَّةَ عَشَرَ صَاعًا إِطْعَامَ سِتِّينَ مِسْكِينًا / الترمذي، صححه الألباني/ بەندەیەك ئازاد بکە وتی:دەستم ناکەوێت، فەرموی: دەی دوومانگ لەسەریەك ڕۆژو بگرە وتی: ناتوانم، فەرموی: خواردنی شەست هەژار بدە وتی: دەستم ناکەوێت، جا پێغەمبەری خوا ﷺ بە فەروەی کوڕی عەمری فەرمو: ئەو سەبەتەی بدەرێ کە زەمبیلەیەك بو پانزە یان شانزە مەن خورمای تێدا بو کە خواردنی شەست هەژار بو}بۆئەوەی لەباتی ئەو قسەیەدا بیدات بە شەست هەژار. ئەم باسە پێی دەوترێت (الظِهَار)و ئەوەش کەفارەتەکەی بو، لێرەوە دەردەکەوێت کە بەشی چوار هەژار لەکەفارەتی زیهاردا، ئینجا دەکاتە ئەندازەی سەرفیترەی سەری یەك کەس.

(٥) بێگومان ئەو کەسانەی کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکەن رسواو سەرشۆڕ کراون هەروەکو چۆن ئەو کەسانەی پێش ئەوان سەرشۆڕو زەبونکران، وە بەراستی ئێمە نیشانەکانی ڕوناك کەرەوەمان نارد بۆ ئەوەی کەخەڵکی ڕێگای ڕاست بگرێت‌و بۆ خوانەناسانیش

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَا يَكُونُ
مِن نَّجْوَىٰ ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ
وَلَا أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا ثُمَّ يُنَبِّئُهُم
بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٧﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ
نُهُوا عَنِ النَّجْوَىٰ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالْإِثْمِ
وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَإِذَا جَاءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ
بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ
جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿٨﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا
تَنَاجَيْتُمْ فَلَا تَتَنَاجَوْا بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَتَنَاجَوْا
بِالْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٩﴾ إِنَّمَا النَّجْوَىٰ
مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا
إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴿١٠﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ
آمَنُوا إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُوا فِي الْمَجَالِسِ فَافْسَحُوا يَفْسَحِ
اللَّهُ لَكُمْ وَإِذَا قِيلَ انشُزُوا فَانشُزُوا يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا
مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١١﴾

سزای وامان داناوە کە سزاکە خۆی گاڵتەیان پێدەکات، لەناو ئاگری دۆزەخداو هەڵبەزو دابەزو یاریان پێدەکات.

(٦) ئەو ڕۆژەی کە خوا هەموویان زیندو دەکاتەوە ئەوسا پێیان دەڵێت: چییان کردوە، خودا هەمو قسەو کرداری ئەوانی ژماردوەو خۆیان لەبیریان چوەتەوەو الله ﷻ ئاگای لە هەمو شتێك هەیە.

(٧) ئایا نازانی کە بێگومان الله دەزانێت بەوەی کە لەناو ئاسمانان‌و لەناو زەویدایە هیچ سێ کەسێك قسە ناکەن مەگەر خودا چوارەمیان بێت (بەو شێوەی کە شایستەی مەقامی خۆیەتیە)، وە هیچ پێنج کەسێکیش نیە مەگەر خودا شەشەمیان بێت، و نە کەمتر لەوەو نە زیاتر لەوەش نیە مەگەر خودایان لەگەڵدا بێت لە هەرکوێدا بن، واتە کەس نیە کە الله ﷻ بەو نەزانێت بەڵکو بەو شێوەی کە شیاوی ئەو زاتەیە لەگەڵیدایە، کە پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا پێیان دەڵێت: کە چیان کردوە بێگومان کە خوا زانیاری بەسەر هەمو شتێکدا هەیە، ئەم ئایەتە هەروەك بە عیلم دەستی پێکردو بە عیلمیش کۆتای پێهات بەڵگەیشە لەسەر کەماڵی عیلمی الله ﷻ.

(٨) ئایا تۆ نەتبینی ئەوانەی کە بەرگری کرابوون لە چپەکردن، پاشان ئەوەی کە لێیان قەدەغە کرابو کردیانەوەو بۆ تاوان‌و دوژمنایەتی‌و سەرپێچی فرمانی پێغەمبەر ﷺ لەناو خۆیاندا چپە دەکەن‌و هەر کاتێك دێنە لای تۆ سەلامت لێ دەکەن بە شێوەیەك کە خوا بەو شێوەیە سەلامی لێ نەکردویت، دەیان وت (السَّامُ عَلَيْكَ/ بمريت)و لە دڵی خۆیاندا دەیان وت: بڵێیت خودا لەسەر ئەوەی کە دەیڵێین سزامان بدات؟ خوا دەفەرموێ: جەهەنەم بەسە بۆیان کە دەخرێنە ناویەوە، ئەوسا خراپترین جێگایە بۆیان ئەودۆزەخە. لەخاتون عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە(خوالێی رازی بێت) هاتوە کەجولەکەکان هاتنە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و وتیان: (السَّامُ عَلَيْكُمْ /بمرن) جا دایکمان عائیشە وتی: ئێوە بمرن‌و نەفرینی خواتان لێ بێت‌و غەزەبی خوا برژێت بەسەرتاندا پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {مَهْلًا يَا عَائِشَةُ عَلَيْكِ بِالرِّفْقِ وَإِيَّاكِ وَالْعُنْفَ وَالْفُحْشَ قَالَتْ أَوَلَمْ تَسْمَعْ مَا قَالُوا قَالَ أَوَلَمْ تَسْمَعِي مَا قُلْتُ رَدَدْتُ عَلَيْهِمْ فَيُسْتَجَابُ لِي فِيهِمْ وَلَا يُسْتَجَابُ لَهُمْ فِيَّ/متفق عليه/ ئەی عائیشە هێواشبە، دەبێ نەرمونیان بیت‌و دورکەوەرەوە لە توندوتیژی‌و قسەی پیس وتی: تۆوام پێ دەڵێیت! ئەی گوێت لێ نەبوچیان وت؟ فەرموی: ئەی تۆگوێت لێ نەبو ئەوەی من وتم: وەڵامم دانەوە، جا دوعای من وەرگیرا لە دژی ئەوان لە حاڵێکدا کەلەوان وەر نەگیرا لەدژی من}.

(٩) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە هەر کاتێك چپەتان کرد هەرگیز بۆ گوناح و دوژمنایەتی‌و دژایەتی فرمانی پێغەمبەر ﷺ چپە نەکەن، بەڵکو بۆ چاکەو پارێزکاری چپە بکەن‌و لەو خوایە بترسن کە سەرئەنجام لەلای ئەو کۆ دەکرێنەوە بۆ حیسابو پاداشت‌و سزا. ئیسلام ئا بەو شێوەیە پەیڕەوانی خۆی تەمێ دەکات. ئینجا دەفەرموێ:

(١٠) چپە هەر لە شەیتانەوەیە بۆ ئەوەی باوەڕداران خەمبار بکات خۆ مەگەر بە ئیزنی خوا ئەگینا هیچ زیانێك بەوان نادات دەی سا باوەڕداران با هەر بە خوا پشت ببەستن. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إِذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةً فَلَا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ الْآخَرِ حَتَّى

تَخْتَلِطُوا بِالنَّاسِ مِنْ أَجْلِ أَنْ يُحْزِنَهُ/متفق عليه/ ئەگەر سێ کەس بون دوانتان چپە نەکەن بەیەکەوە بێ ئەویترتان تا تێکەڵاو دەبن بە خەڵك چونکە ئەو چپەیە ئەویان خەمبار دەکات}

(١١) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە هەر کاتێك پێیان وتن لە دانیشتندا ماوەو دڕن بدەنو جێگای یەکتر بکەنەوە دەی ئێوەیش دڕن بدەنو جێگای یەکتر بکەنەوە، خوداش جێگای ئێوە دەکاتەوەو هەر کاتێکیش وتیان: هەستن، هەستن (بۆ ڕێز لەیەکتر گرتنو جێگای یەکترکردنەوە) چونکە خوا پلەی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە لەناو ئێوەدا ئەی خەڵکینە بەرز کردوەتەوە، ئەوانەش کە خاوەنی زانیارین چەندین پلەی زیاتریان پێدراوەو خوا زۆر بەئاگایە لەوەی کە ئێوە دەیکەن. لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین کە هەستان لەبەر خەڵك لە جێگای دانیشتنیاندا شتێکی باشە، ئەوەش ئەوەیە کە مرۆڤ لەبەر حاکمی ئەو جێگایە، یان ڕێبوارو میوانی تازە هاتو یان پێویستی بە چەند کەسێك کە نزیك بن لە ئیمامەوەو کەسانی تری پێش ئەوان جێگەیان گرتبن کە ئەوەندە پێویست نەبن بەو ئیشەی کە ئیمام دەیەوێت باسی لێوەبکات،واتە: شتێك بێت مەبەستێکی گرنگی پێوە گرێدرابێت. دووهەم: باش نیە هەستان لەبەر کەسێك بەو شێوە نەبێت کە باسمان کرد یان بوەستێت لە بەردەمیداو ئەو دانیشتبێت یان کەسێکی گەورەو زانا هەر کاتێك بێتو بڕوات لە مەجلیسێکدا لەبەری هەستن ئەوە ڕەوشتی ئاگر پەرستانە نەموسڵمانان پێغەمبەرمان دەفەرموێ: {مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَتَمَثَّلَ لَهُ الرِّجَالُ قِيَامًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنْ النَّارِ /ابن ماجة، صححه الألباني/ هەر کەس پێی خۆش بێت کە خەڵك لەبەردەمیدا وەك هەیکەل بوەستن، جا با جێگای خۆی خۆش بکات لەناو ئاگردا}.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: {لايُقِيمُ الرَّجُلَ مِن مَجلِسِهِ فَيجلِسَ فيهِ، وَلَكِن تَفَسَّحُوا وَتَوَسَّعُوا/ متفق عليه/ هیچ پیاوێك پیاوێکی تر لەو جێگایەی کەدانیشتوە هەڵنەستێنێتو خۆی دانیشێت لەو جێگایەدا، بەڵام دڕن بدەنو جێگای دانیشتنەکە فرەوان بکەن}. دەبێت مانای ئایەتەکەو مانای ئەم فەرمودەیانەش بەو شێوەیە بۆمان شی کردنەوە

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَٰجَيۡتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ
صَدَقَةٗۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ وَأَطۡهَرُۚ فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ
(١٢) ءَأَشۡفَقۡتُمۡ أَن تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَٰتٖۚ فَإِذۡ لَمۡ تَفۡعَلُواْ
وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ
وَرَسُولَهُۥۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ (١٣) ۞ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ قَوۡمًا
غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مَّا هُم مِّنكُمۡ وَلَا مِنۡهُمۡ وَيَحۡلِفُونَ عَلَى ٱلۡكَذِبِ
وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ (١٤) أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدًاۖ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ (١٥) ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَهُمۡ
عَذَابٞ مُّهِينٞ (١٦) لَّن تُغۡنِيَ عَنۡهُمۡ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ
شَيۡـًٔاۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ (١٧) يَوۡمَ يَبۡعَثُهُمُ
ٱللَّهُ جَمِيعٗا فَيَحۡلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحۡلِفُونَ لَكُمۡۖ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍۚ أَلَآ
إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ (١٨) ٱسۡتَحۡوَذَ عَلَيۡهِمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَأَنسَىٰهُمۡ ذِكۡرَ
ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱلشَّيۡطَٰنِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ
(١٩) إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلۡأَذَلِّينَ (٢٠)
كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ (٢١)

کاریان پێ بکرێت، جا دژایەتی نامێنێت. والله اعلم. وە لەم ئایەتەدا ئاماژە بە پلەو پایەی زانایان دەکات، ئینجا پەروەردگارمان موسڵمانان تەمێ دەکات کە چۆن قسە بکەن لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ و دەفەرموێ:

(١٢) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە هەر کاتێك چپە بکەن لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ دەبێت پێش ئەوەی کاتی بگرن بەو چپەکردنە چاکەیەك بکەن، ئەوە باشە بۆتانو پاکەوەکەرترتانە لە تاوان، ئەوسا ئەگەر هیچتان دەست نەکەوت بیکەن بە چاکە ئەوە بێگومان کە خوا داپۆشەری تاوانەکانتانەو میهرەبانە بۆ بەندەکانیو گوناهتان لەسەر نانوسرێت ئەگەر چپەتان کرد لەگەڵیدا، بەڵێ پێغەمبەرﷺ بۆ هەمو مرۆڤەو شتێکی چاك نیە کەسێك بۆ ئیشی تایبەتی خۆی کاتی بگرێتو قسەیەکی لەگەڵدا بکات کە کەسێکی تر سوودی لێ وەرنەگرێت، جا ئەگەر وای کرد با چاکەیەك بکات لەگەڵ هەژارانی باوەڕداراندا تا ئەو کات گرتنەی بۆخۆی بۆ پڕ بکاتەوە، لێرەدا موسڵمانانی تێ گەیاند کە کات گەلێك بەنرخە بەتایبەت کاتی پێغەمبەر ونابێ بەشتی کەمەوە لەدەست بدرێتو هەموخەڵك لە

کاتە کانی ئەودا شەریکن . جا ئەگەر دەسەڵاتی نەبو ئەویش هەر ئوممەتی ئەوەو ئەوەندەی پێ دەبڕێتو خوایش چاوپۆشی لێ دەکات تا ئیتر نەزانەکانیش هەر لەخۆیانەوە کاتی نەگرن، پێغەمبەرمان ﷺ بە شەرم بوە لەسەرخۆی نەهاتوەتە جواو بەڵام خوا موسڵمانان تەمێ دەکاتو خەڵك هەمو بەندەی ئەون شەرمیان لێ ناکاتو هەمو راستیەکیان بۆ باس بکات .

(١٣) ئایا بەلاتانەوە سەختە پێش ئەوەی چفە بکەن چاکەگەلێك بکەن؟ ئەوسا ئەگەر نەتانکردو خوا ئەو بارەی لەسەر لابردن دەی سا نوێژەکانتان بکەنو زەکات بدەنو پەیڕەوی فرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەنو خوا زۆر بەئاگایە بەوەی کە ئێوە دەیکەن. الله ﷻبەم ئایەتە بریاری ئایەتی پێشخۆی لەسەر موسڵمانان سوك کرد.

(١٤) ئایا تۆ ئەوانەت نەبینی کە دۆستایەتیان کرد لەگەل گەلێکدا کە خوا غەزەبی لێگرتوون کەجوەکان بون، ئەوانە نە لە ئێوەنو نەلە ئەوانیشنو بە درۆ سوێند بە خوا دەخۆنو خۆیشیان دەزانن کە درۆر دەکەن واتە: مرۆڤە دووڕوەکان نە لەگەڵ موسڵمانان دانو نە لەگەڵ خوانەناسان بەڵکو بەورەوشتە بێ نرخانەیان دەیانەوێت لە هەردوولا بخۆن، بەڵام زۆر نابات لە هەردوولا ڕسوا دەبنو ڕۆژی قیامەتیش لەسزادراوان دەبن.

(١٥) خوای خاوەن دەسەڵات سزای توندی ئامادەکردوە بۆیان، چونکە بەڕاستی ئەوان ئیشی زۆر خراپیان دەکرد.

(١٦) سوێندەکانی خۆیان کردوە بە سپێر بۆ خۆیان تا خەڵك بە چاکیان بزانێت کەچی ئەوان ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئایینی خودا دەگرن، جا بۆ ئەوان سزایەك هەیە کە گاڵتەیان پێ دەکات، چونکە ئەوان بەو کردارەیان گاڵتەیان بەموسڵمانان دەکرد.

(١٧) ئەوان نە سەروەتو سامانیانو نە منالآنیان لەلای خوا هەرگیز هیچ سوودێك بەوان ناگەیەنن، ئەوان یارانی ئاگرنو بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە.

(١٨) ڕۆژێك کە خوا هەمویان زیندو دەکاتەوە، جا سوێندی بۆ دەخۆن وەك چۆن لە دنیادا سوێند بۆ ئێوە دەخۆن بەدرۆوەو گومان دەکەن لەسەر شتێکی بەسودن بۆ ئەو ڕۆژەیان، خوا دەفەرموێ: بزانن بێگومان هەر ئەوانن درۆزن، ئەو سوێندە درۆزنانە کەدەیخۆن هیچ سودێکیان پێ نادات.

(١٩) شەیتان بەسەریاندا زاڵ بوەو رام و دەستەمۆی خۆی کردن، جا یادی خودای لەبیر بردنەوە، ئەوانە پێڕی شەیتانن، بزانن بە بێگومان پێڕی شەیتان هەر خۆیانن کردە سوتاو و ڕەنجەڕۆ، جا پێغەمبەرمان ﷺ یەکێك لە هۆکارەکانی زاڵ بونی شەیتانمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ: {مَا مِنْ ثَلَاثَةٍ فِي قَرْيَةٍ وَلَا بَدْوٍ لَا تُقَامُ فِيهِمْ الصَّلَاةُ إِلَّا قَدْ اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمْ الشَّيْطَانُ فَعَلَيْكَ بِالْجَمَاعَةِ فَإِنَّمَا يَأْكُلُ الذِّئْبُ الْقَاصِيَةَ / النسائي، حسنه الألباني/ هیچ سێ کەسێك نیە نە لە دێهاتێکداو نە لە هیچ رەوەندێکدا کە نوێژی تێدا نەکرێت مەگەر شەیتان زاڵ بوبێت بەسەریاندا، سا پێویستە لەسەرتان کە یەکبن ئەوسا گورگ ئەو حەیوانە دەخوات کە دورکەوت بێتەوە لە ئاژەڵە کانی تر}.

(٢٠) بێگومان ئەو کەسانەی کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکەن، ئەوانە وان لەناو سەرشۆڕترینو داماوترین خەلگاندا.

(٢١) خوا بۆ خۆیو پێغەمبەرەکەی ﷺ وای داناوە کە سەرکەوێتو دوژمنانی تەفروتوناو ڕسوا بکات، چونکە بەڕاستی خوا بەهێزو دەسەڵاتدارە بەسەر هەمو شتێکداو لەکاتی دیاری خۆیدا تۆڵە لەدوژمنان وەردەگرێت، الله مۆڵەت دەدات،بەڵام پشت گوێ ناخات.

لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ
حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ
أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُوْلَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ
ٱلْإِيمَـٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى
مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ
عَنْهُ ۚ أُوْلَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾

٥٩ سُورَةُ الحَشْرِ ٢٤

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ
﴿١﴾ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ مِن دِيَـٰرِهِمْ
لِأَوَّلِ ٱلْحَشْرِ ۚ مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُواْ ۖ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ
حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُواْ ۖ وَقَذَفَ
فِى قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ ۚ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِى ٱلْمُؤْمِنِينَ
فَٱعْتَبِرُواْ يَـٰٓأُوْلِى ٱلْأَبْصَـٰرِ ﴿٢﴾ وَلَوْلَآ أَن كَتَبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمُ
ٱلْجَلَآءَ لَعَذَّبَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَهُمْ فِى ٱلْآخِرَةِ عَذَابُ ٱلنَّارِ ﴿٣﴾

(٢٢) شتی وا نەگونجاو ڕەوانیە کەسێك کە باوەڕ بە خواو بەڕۆژی دوایی بکاتو دۆستایەتیش بکات لەگەڵ کەسێکدا کە دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات، ئەگەر چی ئەو گەلە باوکانیان بن یان ڕۆڵەکانیان بن یان براکانیان بن یان عەشیرەتەکانیان بن، جا ئەو کەسەی ئاوا خۆی لە خوانەناسان هەر کەسێکی بن دوور گرتو دۆستایەتی لەگەڵ نەکردن ئەوانەن کە خوا لەناو دڵیاندا باوەڕی جێگیر کردوەو بەهێزی تایبەتی خۆی یارمەتیان دەداتو دەیانخاتە ناو باخاتێکەوە کە چەندین جۆگەی بەناودا دەڕواتو بۆ هەمیشە تێیدان، خودا ڕازیە لەوان بەهۆی ئەو کارە باشانەی کە کردوویانەو ئەوانیش ڕازین لەو بەهۆی ئەو هەمو چاکەی لەگەڵیانی کردوە، ئەوانە تاقمو حیزبی خوداو خۆشبەختن لە هەردوو دنیادا. ئەم ئایەتە چەند شتێکی گرنگ دەخاتە پێش چاومان، یەکەم: ناگونجێت باوەڕدار لەگەڵ دوژمنانی خواو پێغەمبەردا ﷺ دۆستایەتی هەبێت، ئەگەر بینرا کە موسڵمانێك دۆستایەتی دوژمنانی خواو پێغەمبەری ﷺ دەکات ئەوە ئەو کەسە بێباوەڕە با خۆیشی بە موسڵمان بزانێتو خاوەن نوێژو ڕۆژویش بێت،وەك دەفەرموێ:﴿ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ/ واتە: هەرکەس لە ئێوە ئەوان بکات بەدۆستی خۆی جا بەراستی ئەو کەسەش لەوانە ﴾مائیدە/٥١ وەپێغەمبەریشمان ﷺ دەفەرموێ: {لا يُحبُّ رَجُلٌ قَوماً إلا جَعَلَهُ الله مَعَهُم/احمد، صححه الألباني/ هەر پیاوێك گەلێکی خۆش بوێت ﷻ لەگەل ئەواندا حیسابی دەکات} دووهەم: لەم ئایەتەدا باس لە حیزبی خوا دەکات نەك حیزبەکان، چونکە باوەڕداران هەمویان دەبێت یەك ڕیزو یەك حیزب بن بەڵێ جیاوازی بیروڕا لە چوارچێوەی ئاییندا شتێکی ئاساییە بەڵام نابێت هۆکارێك بێت بۆ دوبەرەکی نێوان باوەڕداران، بەڵام بەهۆی دور کەوتنەوەی موسڵمانان لەئایینە بەرزو بەرێزەکەی ئیسلامو لاسایی کردنەوەی بێباوەڕان ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی لێکردوە روی داوە پێغەمبەرمان ﷺ فەرموی: {لَيَأْتِيَنَّ عَلَى أُمَّتِي مَا أَتَى عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ حَذْوَ النَّعْلِ بِالنَّعْلِ وَإِنَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ تَفَرَّقَتْ عَلَى ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ مِلَّةً وَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي عَلَى ثَلَاثٍ وَسَبْعِينَ مِلَّةً كُلُّهُمْ فِي النَّارِ إِلَّا مِلَّةً وَاحِدَةً قَالُوا وَمَنْ هِيَ يَا رَسُولَ الله قَالَ مَا أَنَا عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي / الترمذي، حسنه الألباني/ بەدڵنیاییەوە بەسەر ئەم ئومەتەی مندا دێت ئەوەی کەهات بەسەر بەنی ئیسرائیل دا هەروەك تای پێڵاو بۆتای پێڵاو بەبێ جیاوازیو پێ بەپێ، بەراستی بەنی ئیسرائیلی بون بەحەفتاو دووبەشەوەو ئومەتی منیش دەبێ بەحەفتاوسێ بەشەوە هەمویان لەناو ئاگردان لەرۆژی قیامەتدا بێجگە لەیەك بەشیان، وتیان:ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کێیە ئەو بەشە؟ فەرموی: ئەو کەسەیە کە لەسەر ئەم رێبازە بێت کە خۆمو یارەکانمی لەسەرە} لەم فەرمودەیەدا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: " أُمَّتِي " واتە هەمو ئەوانەی کە خۆیان بە شوێن کەوتوی پێغەمبەر ﷺ دەزاننو پێیشیان وایە کە هەر ئەوان لەسەر حەقنو جگە لەوان ئەهلی ئاگرە ئەمە بیروبۆچونی هەمویانە بەڵام هەر یەك بەش لەو حەفتاو سێ فرقەیە حەقی پێکاوە کە شوێنکەوتوانی راستەقینەی پێغەمبەر ﷺ و یارەکانییەتیو ئەم ئایەتە لێرەدا بە حیزبی خوا ناوییان دەبات، جا بۆ ئەوەی بزانرێت کامانەن ئەو تاقمە رزگارە وا هەندێك لە سیفەتەکانی باس دەکەین: یەکەم ـ ئەوبەشەن کە دۆستایەتیو دژمنایەتیان لەبەر خوایە پێغەمبەرمان ﷺ

دەفەرموێ: {أَوْثَقُ عُرَى الإيمانِ الموَالاةَ في الله والمعاداة في الله والحبُّ في الله والبُغْضُ في الله / الطبراني، صححه الألباني/ بەهێزترین دەستەی ئیمان دۆستایەتی لەبەر خواو دوژمنایەتیە لەبەر خواو خۆشەویستی لەبەر خواو رق لێبونەوە لەبەر خوای دەسەڵاتداری گەورەیە}. وەسفی دوهەمیان ـ ئەوبەشەن کە جیهاد دەکەن لە پێناوی ﷲ دا، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الْحَقِّ ظَاهِرِينَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ /البخاري/ هەمیشە بەشێك لەم ئومەتەم بۆدامەزراندنی حەق‌و راستی کەئاینی پیرۆزی ئیسلامە غەزا دەکەن کە ئاشکراو باڵا دەستن هەتا رۆژی قیامەت} وەسفی سێهەم‌و چوارهەم‌و پێنجەم وشەشەم‌و حەوتەمیش لە سورەتی مائیدە ئایەتی پەنجاو چواردا هاتوە کەدەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ يُجَـٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ۚ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٤﴾ ﴾ ئەی باوەڕداران هەرکام لەئێوە لەئاینی خۆی پەشیمان ببێتەوە،ئەوسا ئەوەندە نابات خوا گەلێك دێنێ کە خوا خۆشی دەون.. ئەوانیش خوایان خۆش دەوێت.. لەلای باوەڕداران خۆیان بەکەم دەگرن‌و.. بەعیزەتن دژ بە خوانەناسان.. کە غەزا دەکەن لەرێگای بەرزکردنەوەی ئایینی خواداو لە لۆمەی لۆمە کەران ناترسن﴾ وەسفی هەشتەمیان: لەچاکە کاریدا چاو لەخراپەکاری خەڵك ناکەن وەك پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی: {بَدَأَ الْإِسْلَامُ غَرِيبًا ثُمَّ يَعُودُ غَرِيبًا كَمَا بَدَأَ فَطُوبَى لِلْغُرَبَاءِ قِيلَ يَا رَسُولَ الله وَمَنْ الْغُرَبَاءُ قَالَ الَّذِينَ يُصْلِحُونَ إِذَا فَسَدَ النَّاسُ / السلسلة الصحيحة/ ئیسلام لەسەرەتادا بە غەریبی هاتوە، لەپاشان هەم غەریب دەبێتەوە هەروەك لەسەرەتاوە هاتوە ئەوسا خۆشبەختی بۆ ئەوغەریبانە، بێژرا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو غەریبانە کێن؟ فەرموی:ئەو کەسانەن کە هەر کاتێ خەڵکی خراپەی کرد ئەوان چاکە دەکەن} واتە(إمَّعة)نین بەرژەوەندی‌و مەصڵەحەت‌و واقیع ناکەن بەخوای خۆیان‌و هاوڕەنگ نابن لەگەل واقیعدا بەڵکو هەوڵدەدەن واقیعی خراپ بگۆڕن، وەسفی نۆهەمیان: ئەوەیە کە دورن لە بەش بەشی‌و حیزبایەتی، لەسورەتی ئەنعام ئایەتی/سەدوپەنجانۆدا دەفەرموێ:﴿بێگومان ئەو کەسانەی کە ئایینەکەی خۆیان پارچە پارچە کردوەو دەستەی لەیەکتر جیاوازیان پێك هێناوە تۆئەی محمد هیچ پەیوەندیەکت بەوانەوە نیە کاری ئەوان هەر لەلای خودایە پاشان پێیان دەڵێت چیان کردوە﴾ پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {عَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ وَإِيَّاكُمْ وَالْفُرْقَةَ فَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ الْوَاحِدِ وَهُوَ مِنْ الِاثْنَيْنِ أَبْعَدُ مَنْ أَرَادَ بُحْبُوحَةَ الْجَنَّةِ فَلْيَلْزَمْ الْجَمَاعَةَ / الترمذي، صححه الألباني/ واجبی سەرشانتانە کەیەك بن وخۆتان دوربگرن لەبەش بەشی، سا بزانن شەیتان لەگەڵ یەکدایەو لەگەڵ دواندا دورترە، جا هەرکەسێك ناوەڕاستی بەهەشتی دەوێت بابچێتە ریزی ئەو موسڵمانانەوە کەوەك پێغەمبەر ﷺ و یارەکانی وان}ئەمە هەندێك بون لە سیفەتەکانی حیزبی خوا، جا ئەوەی کە ئەم سیفەتانەی تێدا بێت ئەوە ئومیدی هەبێت کە لە حیزبی خوادا بێت، ئەگینا قسەی بێ کردەوە بێجگە لەزیان هیچ سودێکی نابێ. لەسورەتی بەقەرە ئایەتی/دووسەدوهەژدەدا دەفەرموێ:﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ ﷲ أُوْلَـئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَةَ ﷲ وَﷲ غَفُورٌ رَّحِيمٌ/ بێگومان ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو ئەو کەسانەی کە کۆچیان کردوەو غەزایان کردوە لەرێگای خوادا، ئا ئەوانە هیواداری رەحمەتی خودان‌و بەراستی خوا زۆر لێ بوردەو زۆر میهرەبانە﴾وەلەسورەتی ئەنفال ئایەتی/حەفتاوچواردا دەفەرموێ:﴿ ئەو کەسانەی کە باوەڕدارن‌و کۆچیانکردوەو لەرێگای خوادا غەزایانکردوەو ئەوانەش کەجێگایان بەوان داوەو یارمەتیان داون، ئا ئەوانەن بەراستی باوەڕداران بۆ ئەوانە هەیە لێخۆشبون ورۆزییەکی بەرێز﴾.

جا ئەگەر دەتەوێت بزانیت لەو بەشەیت دەتوانیت خۆت تاقی بکەیتەوە بەم شێوەیە: ئەگەر هەموموسڵمانێکت بەبەشێکی خۆت داناو سودو زیانی ئەوت بە هی خۆت زانی‌و ئەت وت: ئەوە لە ئێمەیەو ئەوە لە ئێمە نیەو بەکردار ئەوەت سەلماندو هەروا وەسفانی تریشت لەخۆدا بەکردەوە بینا ئەوە راستەکەیت تۆ لەو بەشەیت، ئەگینا راست ناکەیت‌و تۆ لەو بەشەنیت هەر چەند قسەی قەڵەو نایابیش بکەیت، جا ئەگەر باوەڕت بەقیامەت‌و حیساب

هەیە وفرمانی خواو پێغەمبەرە کەیت ﷺ بەلاوە راستە دوربکەوە لەو پارچە پارچەییەو نەخۆتو نەخەڵکیش بخەڵەتێنە، بەراستی دەست بگرە بەئایینە کەی خواوەو بگەرێ بەشوێن ئەوبەشو تاقمەراستەداو پاڵ بدەن بەیەکەوەو یارمەتی ئاینی خودابدەن خوایش یارمەتی ئێوە دەدات﴿ ئەی خاوەن باوەران ئەگەر یارمەتی ئایینی خوابدەن خوایش یارمەتی ئێوە دەداتو پێتان بتەو دەکاتو بۆدژمنان نابەزن﴾ محمد/٧ . بەس بخەڵەتێن بە پلەو پارە هەردوو دوایاندێت وسەرەتایان شیرینەو کۆتاییان تاڵە، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّكُمْ سَتَحْرِصُونَ عَلَى الْإِمَارَةِ وَسَتَصِيرُ حَسْرَةً وَنَدَامَةً نِعْمَتِ الْمُرْضِعَةُ وَبِئْسَتِ الْفَاطِمَةُ/احمد،النسائي. صححه الالباني/ بەبێگومان ئێوە زۆر سورن لەسەر ئەمیرایەتی کە زۆر نابات دەبێ بە هۆی خەمو پەشیمانی، شتێکی چاکە شیردەرو ناخۆشە شیر برەوە، سەرەتاکەی خۆشیەو کۆتاییەکەی خەمویەژارەیە}.

٥٩ سورەتی حەشر ٢٤

سورەتی حەشر کە سورەتی پەنجاونۆهەمی قورئانە، لە مەدینەدا هاتوتە خوارەوە، بیستو چوار ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی نەوەدو هەشتەمە، پاش سورەتی (البينة) و پێش (النصر) لە پاش دەرکردنی (بەنی نەزیر) لە ساڵی چوارەمی کۆچی دابەزیوە. سورەتی (بەنی نەزیر)یشی پێ دەوترێت،چونکە دەربارەی ئەوان هاتوتە خوارەوە. ئەم سورەتە "منسوخ"ی تیدانیە، بەلاّم وتراوە ئایەتی حەوتەمی "ناسخ"ی ئایەتی یەکەمی سورەتی ئەنفالە. سەعید کوری جوبەیر دەڵێت: {قُلْتُ لِابْنِ عَبَّاسٍ سُورَةُ الْحَشْرِ قَالَ قُلْ سُورَةُ النَّضِيرِ/ متفق عليه/ وتم: بە ئیبنوعەباس سورەتی حەشر وتی: سورەتی نەزیر} واتە: ئەم سورەتە لەبارەی جولەکەکانی بەنی نەزیرەوە دابەزیوە. بەنونەزیر کۆمەڵێك بون لە جوەکان کە لە پاش زاڵبونی رۆم بەسەر شامداو کوشتنی زۆرێك لێیان هەندێکیان وەك بەنوقورەیزەو بەنو نەزیر رایانکردو لە دەوروبەری مەدینە نیشتە جێبون، کاتێك پێغەمبەر ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە لە گەڵ جولەکەکاندا پەیمانی بەست، جا لەپاش روداوی " بیری مەعونە" کە پاش شەهادەتی دەکەس وپاشان پەنجاو نۆ کەسی تر لە یارانی پێغەمبەر شەهید کران، لەو روداوەدا عەمری کوری ئومەیەی زەمەری توانی بە سالمی بگرێتەوە لە رێگەدا دوو کەسی لە خێڵی "بني عامر " کوشت کە نەیزانی بو ئەوانە لەگەڵ پێغەمبەردا هاوپەیمانن، کاتێك کە گەرایەوەو پێغەمبەری ﷺ لە روداوەکە ئاگادا کردەوە، پێغەمبەر ﷺ هەوڵیدا کە خوێنی ئەو دوو کوژراوە کۆبکاتەوەو بیدات بە خاوەنی ئەو دوو کوژراوە، جا پێغەمبەر ﷺ لە گەڵ چەند یارێکی بەرو بەنونەزیر کەوتەرێ تا وەك هاوپەیمانێك داوای یارمەتیان لێ بکات، خۆ کە پێغەمبەر ﷺ گەیشتە ناویان ئەوان لەرواڵەتدا ئامادەیی خۆیان بۆ یارمەتی پێغەمبەر ﷺ دەربری، بەلاّم ئەوان لەژێرەوە خەریکی پیلانێکی گلاّوبون دژ بە پێغەمبەر ﷺ و ئەم کاتەیان بەهەلێکی باش زانی کە پێغەمبەر ﷺ بکوژن،جا " عمر بن جحاش" وتی: ئەوە من دەچمە سەر ماڵەکەوەو لەوێ بەرداشێك دەدەم بە سەریدا.

جا الله ﷻپێغەمبەری ﷺ لەو پیلانە ئاگادار کردەوە، ئیتر پێغەمبەر ﷺ بەبێ ئەوەی کە شتێك بڵێت هەڵساو یەکسەر بەرەو مەدینە گەرایەوە، جا پێغەمبەر ﷺ " محمد بن مسلمة"ی رەوانەکرد بۆ ناویان تا پێیان راگەیەنێت بە هۆی ئەو پەیمان شکاندنو خیانەتەیان دەبێ مەدینە بەجێ بهێڵنو دە رۆژ ماوەی پێدان کە لە پاش ئەو دەرۆژە هەرکەس بمێنێت لێیدەدرێت. بەلاّم "ابن أبي " پەیامی بۆناردن کە ئێوە قەلاّ گەلێکی گەورەتان هەیەو منیش بە دوو هەرزا چەکداروە ئامادەم کە یارمەتیتان بدەینو جولەکەکانی تری غەتەفانیش یارمەتیتان دەدەن، جا لەشوێنی خۆتاندا بمێنێنەوە، ئەوانیش تەماع گرتنیو دەرنەچونو خۆیان بۆ شەرکردن لە گەڵ پێغەمبەردا ئامادەکرد. جا پێغەمبەر " ئیبنو ئومی مەکتوم " ی لە مەدینە لەجێی خۆی داناو ئاڵای بەدەست عەلی کوری ئەبو تالبەوە داو بەرەو بەنو نەزیر کەوتەرێ، ئەوسا پێغەمبەر ﷺ گەمارۆی دانو چەنددار خورمایەکی بەرچاوی برین، ئەوانەیش کە بەڵێنی یارمەتیان دابو بە بەنونەزیر درۆیان لەگەڵ کردنو نەهاتن بەدەمیانەوە، ئەوانیش پاش ئەوەی کە زانیان هیچیان پێناکریت وتیان: بە پێغەمبەر ﷺ کە

ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ شَآقُّواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۖ وَمَن يُشَآقِّ ٱللَّهَ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ
ٱلۡعِقَابِ ﴿٤﴾ مَا قَطَعۡتُم مِّن لِّينَةٍ أَوۡ تَرَكۡتُمُوهَا قَآئِمَةً
عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذۡنِ ٱللَّهِ وَلِيُخۡزِيَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴿٥﴾ وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ
عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡهُمۡ فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ
قَدِيرٞ ﴿٦﴾ مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ
وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ كَيۡ لَا يَكُونَ
دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا
نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٧﴾
لِلۡفُقَرَآءِ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَأَمۡوَٰلِهِمۡ
يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ مِن قَبۡلِهِمۡ
يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ
مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ
وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٩﴾

دەردەچین، بەڵام پێغەمبەر ﷺ قەبوڵی نەکرد، پاشان پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمون: دەربچن‌و خوێنی خۆتان بۆخۆتان‌و لە ماڵەکانیشتان تەنها باری حوشترێکتان بۆ هەیە کە بیبەن کە چەك‌و پۆشاکی جەنگی تێدا نەبێ، جا ئەوان ئەوەی کە بۆیان کرا لە باری حوشترێك بردیان ئەوەش کە پێیان نەدەبرا بۆئەوەی دەستی موسڵمانان نەکەوێت بەدەستی خۆیان دەیان شکاندو لە ناویان دەبرد، ئەم رو داوە لە "ربيع الأول "ی ساڵی چوارەمی کۆچی روی دا بۆ ماوەی پانزە رۆژ پێغەمبەر گەمارۆی قەڵاکانی دان‌و لەم غەزایەشدا ماڵێکی زۆر بەدەست موسڵمانان کەوت‌و پاڵەوانی بەناوبانگی بەنونەزیر "عزوك" بە دەستی عەلی کوری ئەبوتالب کوژراو لەم خێڵە تەنها دووکەس موسڵمان بوون: "يامين بن عمير بن كعب" وە "ابو سعد بن وهب". وە ئەم سورەتە لە سەر ئەم روداوە باس دەکات.

بەناوی اللَّه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەوانەی کە لەناو ئاسمانەکان‌و لەناو زەویدان هەر پاکی‌و بێ عەیبی خودایان یاد کردووەو هەر خۆیەتی دەسەڵاتدارو دانا. (٢) خوا ئەو زاتەیە کە خوانەناسانی خاوەنانی پەڕاو (بەنی نەزیر)ی لە جێگای خۆیاندا دەرپەڕاند (بەهۆی لاساری‌و پەیمان شکاندنی خۆیانەوە) لەکاتی یەکەم دەرکردنیاندا ئێوە گومانتان نەدەکرد کە ئەوان دەرچن‌و ئەوانیش وایان دەزانی کە کۆشکەکانیان لەدەست تۆڵەی خودا دەریان دەکات‌و دەیانپارێزێت، جا خودا بەشێوەیەك هاتە سەریان کە هەرگیز خۆیان گومانیان نەدەکردو ترسی فڕەدایە ناو دڵیانەوە، کە بە دەستی خۆیان‌و بەدەستی خواناسان ماڵەکانی خۆیانیان وێران کرد، سا ئێوەیش ئەی خاوەن دیدو بۆچونە وردەکان لەم بەسەرهاتە پەندو ئامۆژگاری وەربگرن‌و لە تۆڵەی خودا بترسن، خودا سەربازی زۆرەو رێگای تۆڵە سەندنەوەی لێ ناگیرێت.

(٣) ئەگەر خوا ئەو دەرچونەی لەسەر ئەوان زوو تۆمارنەکردایە، بە دڵنیاییەوە هەر لە دنیادا سزای دەدان‌و لە رۆژی دوایشدا سزای ئاگریان هەیە، ئەم تاقمە جولەکە پاش شەش مانگ لە دوای بەدر بەهۆی خیانەتی خۆیانەوە دەرکران‌و ماویان پێدرا، جگە لە شمشێر هەرسێ کەس باری وشترێك کەل‌وپەلْ لەگەڵ خۆیاندا دەربکەن‌و برۆن.

(٤) بۆیە ئەوەیان بەسەرهات، چونکە ئەوان بەڕاستی دژایەتی توندی خوداو پێغەمبەرەکەیان ﷺ کردو هەر کەسێکیش دژایەتی خودا بکات، ئەوسا بزانن بێگومان کە خوا تۆڵەی زۆر سەختەو تۆڵەیان هەر ئاوەها لێ وەردەگرێت. جاکاتێ کەپێغەمبەر ﷺ فرمانی بڕین وسوتاندنی خورمای ناوچەی(بوەیرەی)دا تا نائومیدیان بکات لەباخەکانیان و شەڕی لەسەر نەکەن، دیارە ئەوە دەمی مونافق‌و جولەکەکانی کردەوە بۆ قسەی ناشیرین کردن ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە ئەو موسڵمانانەی کە فرمانی بڕینی ئەودار خورمانەیان بەسەرا درابو شتێك بوە لەناو دڵیانداو وتیان: لەپێغەمبەر ﷺ پرسیار دەکەین: ئایا لەسەر ئەوەی کەبڕیومانە پاداشمان هەیە و لەسەر ئەوەی کە نەمان بڕیوە تاوانمان لەسەرە؟ جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارد کە دەفەرموێ:

(٥) هەر دارخورمایەکتان بڕیوە یان وازتان لێ هێنا کە لەسەر بنی خۆی بمێنێتەوەو نەتانبڕیوە، ئەوسا هەمووی بە

ئیزنی خودایە و شتی خراپتان نەکردوەو بۆ ئەوەیە کە
خوا سنوربەزێنان سەرشۆڕ بکات وبەبێ شەرناوچەکە چۆڵ
بکەن. (٦) ئەوەی کە خودا داوێتی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ
لە سەروەتو سامانی خوانەناسانی دەوروبەری، بەبێ
ئەوەی کە ئێوە چارەوێو سواری تێدا ماندو بکەن بەڵام
خودا خۆی پێغەمبەرەکەی ﷺ زاڵ دەکات بەسەر ئەو
کەسەی کە ئارەزۆی لێبێتو خودا تواناى هەیە بەسەر
هەمو شتێکداو هیچ شتێك ناتوانێت ڕێگای ئارەزۆی ئەو
زاتە بگرێت.

(٧) ئەو سامانەی کە خوا ئا بەو شیوەیە کە لە پێشدا وترا
گەڕاندیەوە بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەمە ماڵی خوایەو
دەدرێت بەم پێنج تاقمە: بۆ پێغەمبەر ﷺ و بۆ بەرەی
عەبدولموتەلیبو بەرەی هاشمە لە خزمانی پێغەمبەرو بۆ
هەتیوانەو بۆ هەژارو کەم دەستەکانەو بۆ ئەو ڕێبوارانەیە
کە لە ڕێگادا پارەیان پێ نامێنێت، خوا ئەو ماڵە ئاوەها
بڵاودەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ماڵانە لەنێوان سەروەتمەنداندا
کۆ نەبێتەوە واتە: ئیسلام سەرمایەداری پێ خۆش نیە
بەڵام قەدەغەی نەکردوە، چونکە بەدرێژایی مێژو هەر
سەرمایەداران بون کە دژایەتی پێغەمبەرانو پیاو چاکانیان
کردوەو دەیکەنو بەهۆی ئەو سەروەت و سامانەوە خراپەو
تاوانیان لەسەر زەویدا بڵاوکردوەتەوە، ئیسلام بەپەیڕەوی
کردنی گۆڕانکاری دروست دەکات، جا ئەوانەی کە
سەرمایەدارنو پلەوپایەدارن نایانەوێ هیچ گۆڕانکاریەك
روبدات لەبەر ئەوە دژ بەئیسلام رادەوستن، ئیسلام
ڕێگایەکی داناوە ماوە نادات کە سەروتو سامان تەنها لەناو
یەك کۆمەڵی تایبەتدا ئەم دەستو ئەودەست بکات، چونکە
زۆری ماڵ هۆکارێکە بۆئەوەی کە مرۆڤ لە سنوری خۆی
دەرچێت، هەروەك لە سورەتی شورا ئایەتی/بیسوحەوت دا
دەفەرموێ: ﴿ئەگەر خوا ڕۆزی فرەوان بکات بۆ بەندەکانی
ئەوە بە دڵنیاییەوە خراپەکاری دەکەن لەناو زەویدا﴾
تەنانەت پێغەمبەر پێش هەمو کەس ئەو بەرنامەیەی
بەسەری خۆیدا ئەنجام داوە زەکاتی نەخواردوە
فەرمویەتی:{زەکات حەرامە لەسەر محمدو ئالی محمد} وە
دەفەرموێ: {ئێمەی کۆمەڵی پێغەمبەران ئیرسمان لێ
نابرێت،ئەوەی کەلێمان بە جێ دەمێنێت ماڵی
موسڵمانانە}جا ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ پێتان دەدات
لەوماڵە ئێوەیش وەریبگرنو ئەوەیشی کە بەرگری دەکات
لێتان ئێوەیش وازی لێ بهێننو لە خوا بترسن، بێگومان
خودا تۆڵەی زۆر سەختە. ئەم ئایەتە گەورەیی سونەتی
پێغەمبەرمانﷺ پیشان دەداتو دەوامان لێدەکات ئەوەی کە
پێغەمبەر ﷺ فرمانی پێدەدات بەجێی بهێنینو ئەوەی کە
قەدغەی کردوە وازی لێ بهێنین، دیسان ئەم ئایەتە دەمکوتێکە
بۆئەوکەسەی کە بڵێت من گوێڕایەڵی ﷻ دەکەم و ئەوەی کەلە
قورئاندا هاتبێت ئەنجامی دەدەم، بەڵام گوێ بە فەرمودەکانی
پێغەمبەر ﷺ نادم، واتە: قورئانم بەسە، راستە قورئان بەسە
بەڵام بۆ ئەوکەسەی کە گوێڕایەڵی هەمو ئایەتەکانی بێت، جا
هەر قورئانیشە کە فرمانمان پێدەکات کەگوێڕایەڵی سونەتی
پێغەمبەر بین، دەی چۆن دەگونجێت بوترێت گوێرایەڵی
قورئان دەکەم بەڵام بەگوێی فلاَن ئایەتو فلاَن ئایەت ناکەم؟!
بەڵێ ئەم بیروبۆچونانە ئەمرۆ هەیە کە خۆی بەلگەیەکە بۆ
راستی سونەتی پێغەمبەرەکەمان ﷺ چونکە ئەو پێغەمبەرە ﷺ
باس لەمانە دەکاتو دەفەرموێ: { أَلَا إِنِّي أُوتِيتُ الْكِتَابَ وَمِثْلَهُ
مَعَهُ أَلَا يُوشِكُ رَجُلٌ شَبْعَانُ عَلَى أَرِيكَتِهِ يَقُولُ عَلَيْكُمْ بِهَذَا
الْقُرْآنِ فَمَا وَجَدْتُمْ فِيهِ مِنْ حَلَالٍ فَأَحِلُّوهُ وَمَا وَجَدْتُمْ فِيهِ مِنْ
حَرَامٍ فَحَرِّمُوهُ/ ابوداود، أحمد، صححه الألباني/ ئاگاداربن کە من قورئان
و لەگەڵ ئەو قورئانەشدا وەك ئەوقورئانەشم پێدراوە،
ئاگاداربن نزیکە پیاوێکی تێرو سك پڕ پاڵبداتەوەو بڵێت: ئێوە
تەنها ئەم قورئانە بگرن، جا چیتان دەستکەوت تێیدا لە حەڵاڵ
ئێوەش بەحەڵاڵی بزاننو چیتان دەستکەوت لە حەرام ئێوەش
بەحەرامی بزانن} واتە گوێ بەفەرمودەکانی پێغەمبەر
مەدەن،بەڵام ﷻ دەفەرموێ: ﴿ مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ/
ئەوەی کەگوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ دەکات بەحەقیقەت ئەوە
گوێڕایەڵی ﷻ ی کردوە ﴾نیسا/هەشتا.

وە ئەوەی کە بییەوێت لە قورئان تێبگات بە بێ کەڵك
وەرگرتن لە فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ بەدڵنیاییەوە کە
ئەوکەسە ڕێگای ون کردوەو بەرەو ڕێگای شەیتان کەوتوەتەڕێ،
جا ئەوانە کە ئاوان ئایا دەتوانن نوێژێکی قورئانی بخوێنن
بەچی دەست پێدەکنو چۆن دوای دەهێنن؟ چەند ڕەکاتەو
چەند سوجدەو چەند روکوع دەبەن؟ یان دەبێت بڵێن ئەوەڵ
سوجدە دەبەین پاشان رکوع دەبەین چونکە قورئان سوجدەی

پێش ڕكوع داناوەو دەفەرموێ: ﴿ يَـٰمَرْيَمُ ٱقْنُتِى لِرَبِّكِ وَٱسْجُدِى وَٱرْكَعِى مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ ﴾ یان ﷲ فەرمان دەدات كە زەكات بدەین، جا لەچی بیدەین و چەندی بدەین؟ وە یان سەدەها پرسیاری تركە ئەگەر گەڕانەوە بۆ سونەت نەبێت هیچ وەڵامێكیان بۆ نیە. وە پێویستە بزانین پێغەمبەر هیچ خەیرو چاكەیەك نیە مەگەر ئەوەی بە ئومەتەكەی گەیاندبێ وەك خۆی دەفەرموێ: {إِنَّهُ لَيْسَ شَيْءٌ يُقَرِّبُكُمْ إِلَى الجَنَّةِ إِلَّا قَدْ أَمَرْتُكُمْ بِهِ وَلَيْسَ شَيْءٌ يُقَرِّبُكُمْ إِلَى النَّارِ إِلاَّ قَدْ نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ/ السلسلة الصحيحة/ هیچ شتێك نیە كە لە بەهەشتەوە نزیكتان بكاتەوە مەگەر ئەوەی كە بەو فەرمانم پێكردونو هیچ شتێكیش نیە كە لە ئاگر نزیكتان بكاتەوە مەگەر ئەوەی كە ئێوەم لەوە بەرگری كردوە} جا ئەوەی كە بیدعەتێك دەهێنێتو بەچاكیشی دادەنێتو چاكیش دەزانێت كە پێغەمبەر ﷺ بەوە فرمانی نەداوە چی دەڵێت لە بەرامبەر ئەم فەرمودەیەدا؟ ئەو كەسە لە دوو حاڵ دەرناچێت یان پێی وایە ئەو ئیشەی كە پێی چاكەو پێغەمبەریش ﷺ فرمانی پێنەداوە بە هۆی بێ ئاگای پێغەمبەر ﷺ بوە لەو ئیشە چاكو خەیرە، یان پێی وایە پێغەمبەر ﷺ بێ ئاگا نەبوە بەڵام شاردویەتیەوەو بە ئومەتەكی ڕانەگەیاندوە ! ئاشكرایە كە هەردوو لاكەی تاوانە دەی با ئەم كۆمەڵە بیدعەچیە كە لە كەمتەرخەمیدا ئەو پەڕیانگرتوەو ئەوانەی كە بەناوی قورئان بەسەو ناوی قورئانیەكانیان لە خۆی ناوە تەوبە بكەنو ئەم ئایەتە بكەن بە ڕێبازی خۆیان، دڵنیابن ئەگەر بەراستیو خەمخۆرییەوە پەیڕەوی بكەن ڕێگای ڕاست دەدۆزنەوە.

من جارێ لەگەل سێ كەس لەو برادەرانە قسەم كرد كەكاتی نوێژی نیوەڕۆ بو بانگدرا وتم: بەقسەی ئێوە ئێمە وابانگدرا چی بكەین؟ وتیان: نوێژ دەكەین وتم: چەند ركات بكەینو چەند سوجدە وركوع تەحیاتە؟یەكێكیان وتی: هەرچۆنمان خوێندوە هەروا دەی خوێنین وتم: من تا ئیستا لەقورئاندا نەمدیوە كە ئەوانەی باسكردبێ وەك دەیخوێنین، جا ڕویان لەبرا سەركردەكەیان كەناوی كمال بوكردو چاوەڕوانی وەڵامیان لێكرد سوپاس بۆ خوا مەسئولیەت نەیتوانی فریوی بداتو وەڵامی داناوە كە بەڵێ مامۆستا ڕاست دەكات، جا لەو هەڵەیە وازیان هێناو بنكەو بارەگایان پێچایەوەو ڕاگەیەنراوێكیشیان بڵاو كردەوەو نوسخەیەكیشیان بۆهێنامو هەندێ لەو تاوانانەیشی بۆباسكردم كە سەركردەی گەورەیان بەوناوەوە ئەنجامی دابو، ئینجا هەریەكەیان چو بەدەم كاری خۆیەوە.

ئیبنو مەسعود لەپێغەمبەری خوا ﷺ وە هێناویەتی كەدەڵێ: {لَعَنَ ﷲ الْوَاشِمَاتِ وَالْمُسْتَوْشِمَاتِ وَالْمُتَنَمِّصَاتِ وَالْمُتَفَلِّجَاتِ لِلْحُسْنِ الْمُغَيِّرَاتِ خَلْقَ ﷲ تَعَالَى مَالِي لَا أَلْعَنُ مَنْ لَعَنَ النَّبِيُّ ﷺ وَهُوَ فِي كِتَابِ ﷲ وَمَا آتَاكُمْ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ/البخاري/ خوا لەعنەتی كردوە لەو ئافرەتانەی كە خاڵ دەكوتنو خاڵیان بۆ دەكوترێتو برۆیان هەڵدەگرنودانیان باریك دەكەنەوە بۆجوانی كە دروستكراوی خوای باڵادەست دەگۆڕن، بۆ دەبێ لەعنەت نەكەم لەو ئافرەتەی كە پێغەمبەر ﷺ لەعنەتی لێ دەكات لەحاڵێكدا كە ئەوە لەقورئاندایە ﴿ئەوەی كە پێغەمبەر ﷺ پێتان دەدات وەری بگرنو ئەوەی كە بەرگریتان لێ دەكات مەیكەن﴾ پێغەمبەر ﷺ بەرگری كردوە لەوانە}

﴿٨﴾ لەم ماڵە دەدرێت بەو موسڵمانە كۆچەرییە هەژارانەی كە لە ماڵو سەروەتو سامانی خۆیاندا دەركراون لەمەكەوە بۆمەدینە كە خێرو چاكەو ڕەزامەندی خوایان دەوێتو یارمەتی ئاینی ئیسلامو پێغەمبەری خوا ﷺ دەدەن، ئائەوانە هەر خۆیانن ڕاستگۆیان. بەراستی ڕاستوراستگۆو گیان فیدابون بۆ سەقامگیر كردنی ئاڵای ئیسلام(خوالەهەمویان ڕازی بێ) .

﴿٩﴾ جا لەم ماڵە دەدرێت بەو موسڵمانانەی مەدینە كە ماڵو بیرو باوەڕیان ئامادەكردوە پێش ئەوەی كە موسڵمانان كۆچ بكەن بۆ لایان، خۆ ئەو كەسانەشیان خۆش دەوێت كەكۆچیان كردوە بۆلایانو بە دڵیش ئیرەیی نابەن بەوەی كە دراوە بەوان لەو دەستكەوتە، هەمیشە لە خۆشی ژیانو سەروەتو ساماندا ئەوان لەپێش خۆیاندا دادەنێن، هەرچەند خۆیشیان پێویستیان بەو شتە هەبێت، جا هەر كەسێك خۆی بپارێزێت لە ڕژدی، ئەوسا هەر ئەوانن ڕزگاربووان. لە ئەبو هورەیرەوە هاتوەكە: {أَنَّ رَجُلًا أَتَى النَّب ﷺ فَبَعَثَ إِلَى نِسَائِهِ فَقُلْنَ مَا مَعَنَا إِلَّا الْمَاءُ فَقَالَ رَسُولُ الله ﷺ مَنْ يَضُمُّ أَوْ يُضِيفُ هَذَا فَقَالَ رَجُلٌ مِنْ الْأَنْصَارِ أَنَا فَانطَلَقَ بِهِ إِلَى امْرَأَتِهِ فَقَالَ أَكْرِمِي ضَيْفَ رَسُولِ الله ﷺفَقَالَتْ مَا عِنْدَنَا إِلَّا قُوتُ صِبْيَانِي فَقَالَ هَيِّئِي طَعَامَكِ وَأَصْبِحِي سِرَاجَكِ وَنَوِّمِي صِبْيَانَكِ إِذَا أَرَادُوا عَشَاءً فَهَيَّأَتْ طَعَامَهَا وَأَصْبَحَتْ سِرَاجَهَا وَنَوَّمَتْ صِبْيَانَهَا ثُمَّ قَامَتْ كَأَنَّهَا تُصْلِحُ سِرَاجَهَا فَأَطْفَأَتْهُ فَجَعَلَا يُرِيَانِهِ أَنَّهُمَا يَأْكُلَانِ فَبَاتَا طَاوِيَيْنِ فَلَمَّا أَصْبَحَ غَدَا إِلَى رَسُولِ الله ﷺ فَقَالَ ضَحِكَ

اللّه اللّيْلَةَ أَوْ عَجِبَ مِنْ فَعَالِكُمَا فَأَنْزَلَ اللّه وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ / البخاري وغيره / جارێکیان پێغەمبەرمان ﷺ میوانێکی بۆ هاتو ناردیە ماڵەوە بزانێت چیان هەیە ؟خێزانەکانی وتیان: تەنها ئاومان هەیە، فەرموی: کێ ئەم میوانەی پێغەمبەر ﷺ دەباتەوە بۆ ماڵی خۆی؟ یەکێك لە یارەکانی یاریدەدەر(الانصار) وتی: من، جامیوانەکەی بردەوە ماڵەوەو بە خێزانەکەی وت: ئەمە میوانی پێغەمبەرە ﷺ رێزی لێ بگرە، خێزانەکەی وتی: تەنها خواردنی منداڵەکانمان هەیە، وتی: خواردنەکە ئامادە بکەو چراکەت چاك بکە ومنداڵەکان بخەوێنە، جا کاتێك کە کاتی خواردن هات نانی ئامادە کردو منداڵەکانی خەواند ئەوسا بەناوی چرا چاك کردنەوەچراکەی کوژاندەوەو خواردنەکەی هێنا بۆی، خۆیان واپیشان دەدا کە گوایە ئەوانیش نان دەخۆنو سکی خۆیان ئەو شەوە شەتەك داو منداڵەکانیان بە برسی سەریان نایەوە، بەیانی پێغەمبەر ﷺ فەرموی: خوا پێکەنی یان تەعەجوبی کرد لەو کارەتانو ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ﴾}

(٨) جا هەروەها ئەو دەستکەوتە بۆ ئەو کەسانەشە کە پاش ئەوان (مهاجرو ئەنسار) هاتونو دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان لێمان ببورەو لەو برایانەیشمان کە لەپێش ئێمەدا بوون، ساهەرگیز لەناو دڵماندا کینەیەك دامەنێ سەبارەت بەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە، ئەی پەروەردگارمان بێگومان کە تۆ دڵسۆزو میهرەبانیت سەربارەت بە بەندەکانت. ئیمامی مالیك (رەحمەتی خوای لێ بێت) ئەم ئایەتە دەکات بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە شیعە ئەگەر لە جیهادیشدا بەشداری بکەن نابێت لە دەستکەوتی غەزا هیچیان پێبدرێت، چونکە نە مهاجرنو نە ئەنسارنو نە ئەوانەشن کە دوعای خێر بۆ ئەو باوەڕدارانەی پێش خۆیان دەکەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە هەر چوار مەزهەب شیعە بە کافر دادەنێن، چونکە لەڕاسیدا شیعە نەك ئایینیان لەلای خەڵك زانراو نیە بەڵکوخۆیشیان نازانن ئایینیان چیە، چونکە ئەوان

وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا
وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا
غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ﴿١٠﴾ ۞ أَلَمۡ تَرَ إِلَى
ٱلَّذِينَ نَافَقُواْ يَقُولُونَ لِإِخۡوَٰنِهِمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ
ٱلۡكِتَٰبِ لَئِنۡ أُخۡرِجۡتُمۡ لَنَخۡرُجَنَّ مَعَكُمۡ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمۡ
أَحَدًا أَبَدٗا وَإِن قُوتِلۡتُمۡ لَنَنصُرَنَّكُمۡ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ
﴿١١﴾ لَئِنۡ أُخۡرِجُواْ لَا يَخۡرُجُونَ مَعَهُمۡ وَلَئِن قُوتِلُواْ لَا يَنصُرُونَهُمۡ
وَلَئِن نَّصَرُوهُمۡ لَيُوَلُّنَّ ٱلۡأَدۡبَٰرَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٢﴾
لَأَنتُمۡ أَشَدُّ رَهۡبَةٗ فِي صُدُورِهِم مِّنَ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ
لَّا يَفۡقَهُونَ ﴿١٣﴾ لَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرٗى
مُّحَصَّنَةٍ أَوۡ مِن وَرَآءِ جُدُرِۭۚ بَأۡسُهُم بَيۡنَهُمۡ شَدِيدٞۚ تَحۡسَبُهُمۡ
جَمِيعٗا وَقُلُوبُهُمۡ شَتَّىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡقِلُونَ ﴿١٤﴾
كَمَثَلِ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ قَرِيبٗاۖ ذَاقُواْ وَبَالَ أَمۡرِهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ
أَلِيمٞ ﴿١٥﴾ كَمَثَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ إِذۡ قَالَ لِلۡإِنسَٰنِ ٱكۡفُرۡ فَلَمَّا كَفَرَ
قَالَ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّنكَ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾

بەلایانەوە وایە کە قورئانی ئەوان چەند بەرامبەری ئەم قورئانەی ئێمەیەو لە چاڵی سامەڕا لەلای ئیمام زەمانیانەو یەك پیتی ئەم قورئانەیشی تێدانیەو بە زمانی عیبریشە نەك عەرەبی؟! دەی ئەوە نزیکەی هەزارو چوار سەد ساڵە بەسەر دروستبونی ئەواندا تێدەپەڕێت، جا با بزانین کامیان شتێکی گرنگ لەو قورئانەیان دەزانێت؟ ئەگەر خاوەنی ژیرینو بەڕاستی دەتانەوێت دینداری بکەنو خۆتان لەخواوە نزیك بکەنەوە بۆ پرسیار ناکەن کامەیە رێبازمان؟ ئەم دینەتان لەکوێ هێناوە؟ لەعوروەوە لە خاتون عائیشەی دایکی ئیماندارانەوە هێناویەتی کە وتی: {يَا ابْنَ أُخْتِي أُمِرُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِأَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ فَسَبُّوهُمْ /مسلم/ ئەی کوڕی خوشکم فەرمانیان پێکراوە کە داوای لێ خۆشبون بکەن بۆیارانی پێغەمبەر ﷺ کەچی جنێویان پێدەدەن!} دەچینەوە سەر ماناى ئایەتەکانی تری ئەم سورەتە پیرۆزە کە دەفەرموێت:

(١١) ئایا تۆ تەماشای ئەو کەسانە ناکەیت کە دووڕووبون بە هاوشێوەکانی خۆیان (ئەوانەی کە خوانەناس بون لە ئەهلی کتاب) دەیان وت: ئەگەر ئێوە دەرکران بەخوا

فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِي ٱلنَّارِ خَٰلِدَيۡنِ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلۡتَنظُرۡ
نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ لِغَدٖۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ
﴿١٨﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿١٩﴾ لَا يَسۡتَوِيٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصۡحَٰبُ
ٱلۡجَنَّةِۚ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾ لَوۡ أَنزَلۡنَا هَٰذَا
ٱلۡقُرۡءَانَ عَلَىٰ جَبَلٖ لَّرَأَيۡتَهُۥ خَٰشِعٗا مُّتَصَدِّعٗا مِّنۡ خَشۡيَةِ
ٱللَّهِۚ وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ
﴿٢١﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۖ
هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ
ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلۡمُؤۡمِنُ ٱلۡمُهَيۡمِنُ ٱلۡعَزِيزُ
ٱلۡجَبَّارُ ٱلۡمُتَكَبِّرُۚ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشۡرِكُونَ
﴿٢٣﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ
يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٢٤﴾

١٣ سُورَةُ المُمۡتَحَنَةِ ٦٠

ئێمەیش لەگەڵتاندا دەردەچین‌و هەرگیز لە دژی ئێوە پەیڕەوی لە کەس ناکەین‌و ئەگەر شەڕشتان لەگەڵ کرا بەخوا یارمەتیتان دەدەین‌و خوا شایەتی دەدات کە بێگومان ئەوانە درۆزنن،

(١٢) بە خوا ئەگەر دەرکرێن لەگەڵیاندا دەرناچن، بێگومان ئەگەر شەڕشیان لەگەڵدا بکرێت لەسەریان ناکەنەوەونایەن بەدەمیانەوە و ئەگەر یارمەتیشیان بدەن بێگومان پشتیان تێ دەکەن‌و ڕادەکەن، پاشان کەس بەهانایانەوە نایەت‌و لەسەریان ناکاتەوە، ئیتر چۆن درۆزن نین؟ جا خوا دەفەرموێ:

(١٣) بێگومان ئەوان دڵیان لە ئێوە زیاتر دەترسێت تا خودا ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە گەلێکن لە هیچ تێناگەن، ئەگینا چۆن دەبێت لەو زاتە ئاگادارو بەهێزە نەترسن بەڵام لە ئێوە بترسن؟! بەراستی خوانەناسان هێزیان لەچاویاندایە ئەگەر خاوەنی هێز بیت ئەوان جورئەتی ڕوبەڕوبونەوەیان نیە وەك دەفەرموێ:

(١٤) ئەوان هەموویان شەڕتان لەگەڵ ناکەن بەیەکەوە، مەگەر لەناو ئەو جێگایانەدا بن کە بەهۆی هێزو چەکەوە

پارێزراو بێت یان لەپشتی دیوارەکانەوە، ناکۆکی زۆر توند لەنێوان خۆیاندا هەیە، تۆ وا دەزانی یەکن لەحاڵێکدا کە دڵەکانیان لەیەك جیایە، چونکە ئەوانە بێگومان گەلێکن نەفام. ئەی باوەڕداران بیربکەنەوە بزانن ئێمە ئەم گەلە نەفامەنین؟ بەرۆڵەت هەموی خۆی بە موسڵمان دادەنێت‌و دروشمی خودا پەرستیە کەچی لە کردارو لەناو دڵدا هەریەکەی گیایی باسکێك دەخوات، دنیا دوایی دێت بیربکەنەوە، با قیامەتیش لەدەست نەدەین، ئەوە بەرهەمی حیزبایەتیە بۆگەنەکەی ناو ئوممەتی ئیسلامیە لەم سەردەمەدا کە موسڵمانانی سەرشۆڕو زەلیل کردوە، بیربکەنەوە، خۆپەسەندی‌و نەفامی تا کەی، ئەی بەناوڕۆشنبیر عەیبە نەفامی، خواناسی عەمەلە بەوەی کە لەخواوپێغەمبەرەکەیەوە ﷺهاتوە نەقسەی سافولوس؟!

(١٥) وەکو ئەو کەسانەی کەمێك پێش خۆیانن کە تۆڵەی کارە خراپەکانی خۆیان چەشت، مەبەستی کوژرانی بەدرە، وە سزای بەژانیشیان بۆ هەیە لەقیامەتیشدا.

(١٦) وێنەی ئەم مونافقانە لەو بەڵێنانەی کە دەیدەن بە خوانەناسان هەروەکو کاری شەیتان وایە ئەو کاتەی کە وتی: بە مرۆڤ خودا مەناسە، جا کاتێك بەگوێی کردو خودای نەناسی شەیتان وتی: بێگومان من هیچ پەیوەندیەکم بە تۆوە نیە، بێگومان کە من لە خودای جیهانیان دەترسم، بەڵام ئەم دورە پەرێزیەی شەیتان لەو کابرایەی کە خەڵەتاندویەتی سوودێکیش بە شەیتان نادات‌و هەردووك بە سزای کاری خۆیان دەگەن وەك دەفەرموێ:

(١٧)ئەوسا سەر ئەنجامیان ئەوەیە کە هەردووکیان بێگومان بۆ هەمیشە لەناو ئاگردان‌و ئەوەش سزای ستەمکارانە لەهەمو کات وساتێکدا.

(١٨) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن، جا با هەر کەسێك تەماشا بکات‌و بزانێت چی پێش خستوە بۆ بەیانی‌و لە خوا بترسن، بەبێگومان کەخوا زۆر ئاگادارە بەو شتانەی کە دەیکەن. بەڵێ خوا هیچی لێ ون نابێت‌و دادپەروەرە لە تۆڵەو سزادا، لێرەوە دەردەکەوێت کەپارێزکاری چەندە گرنگە لە لای خوا کە هەرلەم

ئایەتەدا دووجار فرمانی پیکراوە چونکە پەرهیزکاران دەرگای خۆشبەختیان لێ دەکرێتەوەو سەربەرزو سەرفەرازن لەهەردوو ژیاندا .

(١٩) ئێوە وەکو ئەو کەسانە مەبن کە خوایان لە بیرچویەوە، ئەوسا خوداش وای بەسەر هێنان کە خۆیشیان لە بیر بباتەوەو ئیتر هیچ ئیشێکی باشیان بۆ خۆیانو رۆژی دوایی پێش نەخست، ئەوانە بۆ خۆیان لە رێ لایانداو لەسنور تێ پەڕین.

(٢٠) دۆزەخیانو بەهەشتیان وەکو یەك نین، بەهەشتیان هەر خۆیانن بەختەوەرو ڕزگار بوو لە سزای خودا.

(٢١) ئەگەر ئێمە ئەم قورئانەمان بناردایە بۆ سەر چیایەك بەخوا تۆ دەتبینی کە ئەو چیا ڕەقە مل کەچو شەقو پەق دەبو لە ترسی خودا (بەداخەوە دڵی خوانەناسان لەو چیا ڕەقانە ڕەقترەو بیر لەو قورئانە ناکەنەوە) ئەوانە چەند وێنەیەکن کە دەیهێنینەوە بۆ خەڵك، بەڵکو ئەوانیش بیربکەنەوەو ڕوو بکەنە خواو پەیڕەوی پێغەمبەر ﷺ و بەرنامەکەی بکەن،

(٢٢) ئەو (ﷲ)یەی کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەی تر جگە لەو نیە کە زانەری هەمو پەنامەکیەكو ئاشکرایەکە وەکو یەك کە ئەو زۆر بەسۆزەو بێنیهایەت میهرەبانە.

(٢٣) ئەو ﷲ یەی کە جگە لەو هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەی تر نیەو﴿ ٱلْمَلِكُ ﴾خاوەنی هەمو شتێکەو هەر خۆی دەتوانێت بەبێ ڕێگریو بەرپەرچدانەوە ئاڵوگۆڕی تێدا بکات﴿ٱلْقُدُّوسُ ﴾ پاكو بە فەرو فریشتە بەڕێزەکان بە پیرۆزی ڕادەگرن، ﴿ٱلسَّلَٰمُ ﴾ هیچ نەنگیو کەمایەتی تێدا نیەو سەرچاوەی هێمنایەتیە،﴿ ٱلْمُؤْمِنُ ﴾هێمنی دەرە بە خاوەن باوەڕان، دڵنیان کە ستەم لە دروستکراوەکانی ناکات،﴿ ٱلْمُهَيْمِنُ ﴾ئاگای لە هەمو شت هەیەو چاودێرە بەسەریانەوە، ﴿ٱلْعَزِيزُ﴾ دەسەڵاتدارەو زاڵە بەسەر هەموو شتدا، ﴿ٱلْجَبَّارُ﴾ پێکەوەنەری هەمو ئەندامەکانە لە سەرەتاوەو پاش بە خاك بونیشی و بەئێسکەپتورکاوو زۆردارە بەسەر هەمو شتێکدا، ﴿ٱلْمُتَكَبِّرُ﴾ خۆی لەخۆیدا گەورەیەو کەس شیاوی ئەو وەسفەی نیە جگە لەو. لە فەرمودەدا هاتوە کە {العَظَمَةُ إِزَارِي وَالكِبرِيَاءُ رِدَائِي، فَمَن نَازَعَنِي وَاحِداً مِنهُمَا عَذَّبتُهُ/ متفق عليه/ گەورەیی کراسی منەو لەخۆدا خۆ بەگەورە کردن عەبای منە، جا هەر کەسێك یەکێك لەم وەسفەم بۆ خۆی ببات سزای دەدەم} دورەو پاکە خودا لەو شتەی کە دەیکەن بە هاوبەشی،

(٢٤) ﷲ خۆی هەرئەو زاتەیە کە ﴿ٱلْخَٰلِقُ﴾ دروستکەری هەمو بوونەوەرەو ﴿ٱلْبَارِئُ﴾ داهێنەری ئەم بوونەوەرەیە لە سەرەتاوە بەو شێوەی کە ویستویەتی، ﴿ٱلْمُصَوِّرُ﴾ وێنەگرە بەو شێوەی کە ئارەزۆی لێیەتی بەو هەمو شێوەو جۆرە ڕەنگاو ڕەنگەوە، ناوە جوانەکان هەر هی ئەون. هەمو ناوێکی چەندین مانای هەیەو هەمو مانایەکیش لە زاتی ﷲ دا دێتەدی، بەڵام لە هیچ شتێکی تردا ئەوە نایەتەدی بۆ نمونە خودا کەریمە واتە سەخاوەتمەندە دەی ئایا کەس هەیە لەو سەخاوەتمەندتر بێت، یان خودا زانایە ئایا کەس هەیە بەو ئەندازەی ئەو زانابێت، هەروەها بۆ تەواوی ناوەکانی خودا کە هەر خۆی دەزانێت ژمارەیان چەندە. ئەوەی کە لەناو ئاسمانانو زەویدایە هەموی پاکیو بێ عەیبی ئەونیشان دەداتوتەسبیحاتی ئەو دەکات، خۆهەر خۆیشێتی دەسەڵاتدار بەسەر هەمو شتێکدا هیچ شتێك بەسەر ئەودا دەسەڵاتی نیەو کارەکانی هەموی ڕێکوپێكو بەجێیە.

بەم شێوەیە کۆتایی سورەتەکەی بەست بەسەرەتاکەیەوە، واتە گوزەشتەو ئیستاو ئاینده ئەوەی کە لە ئاسمانانو زەویدایە تەسبیحاتی خوا دەکات.

(٦٠) سورەتی مومتەحەنە (١٣)

سورەتی مومتەحەنە کە سورەتی شەست هەمی قورئانە، لە پاش صوڵحی حودەیبیەوە لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، سیانزە ئایەتە، ئایەتی دوانزەهەمینی لەرۆژی فەتحی مەکەدا دابەزیوە. وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی نەوەدو دووهەمە، پاش سورەتی (المائدة) و پێش (النساء) دابەزیوە.

لە سورەتی پێشودا کە سورەتی حەشرە لە بارەی خۆشەویستیو یارمەتیدانی یەکتری باوەڕداران لە نێوان خۆیانداو هەروەها یارمەتی دانی بێ باوەڕان بۆ یەکتر لە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَآءَ تُلْقُونَ
إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلْحَقِّ يُخْرِجُونَ ٱلرَّسُولَ
وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَٰدًا فِي سَبِيلِي
وَٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعْلَمُ بِمَآ أَخْفَيْتُمْ
وَمَآ أَعْلَنتُمْ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١﴾ إِن
يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُواْ لَكُمْ أَعْدَآءً وَيَبْسُطُوٓاْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم
بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ ﴿٢﴾ لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْ
يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٣﴾ قَدْ
كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِيٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذْ قَالُواْ لِقَوْمِهِمْ
إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا
وَبَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةُ وَٱلْبَغْضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥٓ إِلَّا
قَوْلَ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمْلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ
رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٤﴾ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا
فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ وَٱغْفِرْ لَنَا رَبَّنَآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٥﴾

نێوخۆیاندا باس کرا، لەم سورەتەشدا باوەڕداران ئاگادار دەکرێنەوەکە یارمەتی بێباوەڕان نەدەن دژ بە باوەڕداران هەروەك لە سورەتی پێشودا باسکرا، چونکە ئەوە ئیشی مونافقانە.

هۆی دابەزینی چەند ئایەتی سەرەتای ئەم سورەتە، نامەیەك بو کە حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە کاتی چونی پێغەمبەر ﷺ بۆ سەر مەکەو داوای لە خوا کردبو، کە هەواڵەکانیان نەگات بە قورەیش هەتا دەچنە لای مەکە، جا ئەم پیاوە نامەیەکی بەدزیەوە نوسی بۆ قورەیش بۆئاگادار کردنەوەیان لەو کارەی پێغەمبەر ﷺ ودابوی بە ژنێك لەگەل کاروانێکدا بوو، کە بیبات بۆ مەکەو ئەم هەواڵەیان بداتێ بەڵام زۆری نەبرد خودا پێغەمبەری ﷺ بەو نامەیە ئاگادارکردەوەو پێغەمبەریش ﷺ عەلیو زوبەیرو میقدادی نارد بەشوێن ئەو ژنەداو فەرموی بچن تا (ڕەوزەتی خاخ) لەوێدا ئافرەتێك لەو کاروانەدایە نامەیەکی پێیە لێی وەربگرن، عەلی دەڵێت: ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە (ڕەوزەتی خاخ) لەوێ ئافرەتەکەمان بینیو وتمان: ئەو نامەیەی پێتە بۆمان بهێنە، وتی: نامەم پێ نیە، وتمان: ڕوتت دەکەینەوە یان دەبێت ئەو نامەیەمان پێ بدەیت، دەڵێت: لەناو پرچیدا نامەکەی دەرهێناو نامەکەمان هێنایەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ کەچی لەو نامەیەدا لە حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعەوە بو بۆ قورەیش هەندێك لە کاروباری پێغەمبەری ﷺ تێدابو، جا پێغەمبەر ﷺ فەرموی: حاتەب ئەمە چیە؟ وتی: پەلەم لێ مەکە، بێگومان من یەکێك لەوانەم کە لکێنراوم بە قورەیشەوەو لە خۆیان نیمو ئەوانەی لەگەڵ تۆدان لە کۆچەریەکان خزمیان لەوێدا هەیەو خاوخێزانیان دەپارێزن لە مەکەدا، جا پێم خۆشبو کە ئەوەم نیە بەم نامەیە کارێك بکەم کە خاو خێزانم بپارێزن، ئەمەم لەبەر بێ باوەڕی یان پاشگەز بونەوەم نەبوەو ڕازی نیم بە خوا نەناسی پاش ناسینی ئیسلام، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ڕاستی پێ وتن، جا عومەر وتی: وازم لێ بهێنە با لە ملی ئەم دووڕوە بدەم، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ئەو ئامادەی جەنگی بەدر بوە، تۆ چی دەزانی خوا بە ئەهلی بەدری فەرموە: من لێتان خۆشبوم، چۆن ئارەزۆ دەکەن ئیش بکەن، جا لەم بارەوە ئەم چەند ئایەتەی سەرەتای ئەم سورەتە دابەزی کە دەفەرموێ:

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

﴿١﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، دوژمنی منو دوژمنی خۆتان مەکەن بە دۆستی گیانی بەگیانی خۆتان ئێوە دۆستایەتی خۆتان بەوان ڕادەگەیەنن لەحالێکدا کە ئەوان باوەڕیان نیە بەو پەیامە ڕاستەی کە هاتوە بۆ ئێوە، بەڵکو پێغەمبەرﷺ و ئێوەیان لە خاکی خۆتاندا دەردەکەن، لەبەرئەوەی کە ئێوە باوەڕتان هێناوە بە پەروەردگارتان و تەنها ئەو دەپەرستن؟ ئەگەر ئێوە بۆ غەزا لەڕێگای من و ڕەزامەندی من دەرچون (دۆستایەتیان نەکەن) بە دزیەوە پێیان دەڵێن خۆشمان دەون لە حالێکدا کە من زانام بەوەی کە دەیشارنەوە (هەروەکو چۆن دەیزانم) ئەوەی کە بە ئاشکرا دەیکەنو هەر کەس لە ئێوە ئەو شتە بکات بە ڕاستی لە ڕاستە ڕێگا ترازاوەو سەری لە خۆی تێکداوە.

لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ
وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٦﴾ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَجْعَلَ
بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ ٱلَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَٱللَّهُ قَدِيرٌ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ
﴿٧﴾ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم
مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ
﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم
مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ
مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَٰتٍ
فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ وَءَاتُوهُم
مَّآ أَنفَقُوا۟ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ
وَلَا تُمْسِكُوا۟ بِعِصَمِ ٱلْكَوَافِرِ وَسْـَٔلُوا۟ مَآ أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْـَٔلُوا۟ مَآ أَنفَقُوا۟
ذَٰلِكُمْ حُكْمُ ٱللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾ وَإِن فَاتَكُمْ
شَىْءٌ مِّنْ أَزْوَٰجِكُمْ إِلَى ٱلْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَـَٔاتُوا۟ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتْ
أَزْوَٰجُهُم مِّثْلَ مَآ أَنفَقُوا۟ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾

(٢) ئەگەر ئێوەیان دەست بکەوێت دوژمنایەتیتان دەکەنو دەستو زمانی پیسیان بۆئێوە درێژ دەکەنو ئاواتە خوازن کە ئێوە لە دین دەربچن.

(٣) هەرگیز نەخزمایەتیتانو نە منداڵە کانتان هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنن لە ڕۆژی قیامەتتدابەڵکو خوا لە یەکتان جیا دەکاتەوە، جا بۆ ئێوە بەهۆی ئەوانەوە واخەریکە لە دین دەربچن، خودا بینەری ئەو کردارانەیە کە ئێوە دەیکەن. جا کرداری چاك بکەنو بزانن کە هەر ئەوە سودتان پێدەگەیەنێت نەك خزمایەتی هەتا ئەگەر خزمایەتی لەگەڵ پێغەمبەریشدا ﷺ بێت، واتە ئەگەرئیمانو کرداری چاك نەبێ لەو خزمایەتیە کەڵك وەرناگرێت، هەروەك لە فەرمودەی صەحیحدا هاتوە کە پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ لەبارەی باوکییەوە کە بە کافری مردوە کە ئیستا لە کوێدایە ؟پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {فِي النَّارِ / لەناو ئاگردایە} کاتێك پشتی هەڵکردو ڕۆیشت پێغەمبەرﷺ بانگی کردو فەرموی:{ إِنَّ أَبِي وَأَبَاكَ فِي النَّارِ/ مسلم وغيره/ بێگومان باوکی منو باوکی تۆش لە ئاگردان} ئینجا دەفەرموێ: لەم بارەوە سەیری ئیبراهیم بکەن کە خزمایەتی وای لێنەکرد کە ڕاستی نەڵێتو بێزاری خۆی لەوان دەرنەبڕێت.

(٤) بە ڕاستی بۆ ئێوە پێشەواییەکی جوان هەیە بۆ فێربونی خواناسی ڕاستەقینە لە ئیبراهیمو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەودا بون، ئەو کاتەی کە بە گەلەکەی خۆیان وت: بێگومان ئێمە بێوەرین لە ئێوەی خوا نەناسو لەوانەی کە دەیانپەرستن جگە لە ﷲ باوەڕمان پێتان نەماوەو دوژمنایەتیو ڕقو قین لەنێوان ئێمەو ئێوەدا ئاشکرابوە بۆ هەمیشە تا ئەو کاتەی کە باوەڕ دەهێنن بە خوا بە تەنهایی، دەبێت ئێوە لەوانەدا پەیڕەوی ئیبراهیمو پەیڕەوانی بکەن، جگە لە یەك قسەی ئیبراهیم کە وتی: بە باوکی بەڕاستی داوای لێخۆشبونت بۆ دەکەم، نابێت باوەڕداران داوای لێخۆشبون بکەن بۆ خوانەناسان مادام سوربن لەسەر شیرکی خۆیان، ئیبراهیم وتی: من خاوەنی هیچ شتێك نیم بۆ تۆ لەلای خودا، ئەی پەروەردگارمان هەر بەتۆ پشتمان بەستووەو هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوەمانو سەرئەنجامیش هەر بۆ لای تۆیە، ئەبو هورەیرە دەڵێت: {زَارَ النَّبِيُّ ﷺ قَبْرَ أُمِّهِ فَبَكَى وَأَبْكَى مَنْ حَوْلَهُ فَقَالَ اسْتَأْذَنْتُ رَبِّي فِي أَنْ أَسْتَغْفِرَ لَهَا فَلَمْ يُؤْذَنْ لِي وَاسْتَأْذَنْتُهُ فِي أَنْ أَزُورَ قَبْرَهَا فَأُذِنَ لِي فَزُورُوا الْقُبُورَ فَإِنَّهَا تُذَكِّرُ الْمَوْتَ/ مسلم وغيره/ پێغەمبەر ﷺ سەردانی گۆڕی دایکی کرد، جا گریاو ئەوانەی دەوریشی گریان، ئینجا فەرموی: داوام کرد لەپەروەردگارم کەداوای لێ خۆشبونی بۆ بکەم ماوەی پێ نەدامو داوام لێ کرد کەسەردانی گۆڕەکەی بکەم ماوەم پێدرا، سا سەردانی گۆڕەکان بکەن ئەوسا بێگومان کە مردنتان دەخاتەوە بیر}.

(٥) ئەی پەروەردگارمان نەمانکەیت بە تاقیکەرەوە بۆ خوانەناسان کە زاڵبن بەسەرمانداو زیاتر خۆیان بەڕاستو ئێمە بە ناڕاست بزانن، یان بۆ لەبەین بردنی ئەوان عەزاب بنێریتو ئێمەیش دوچاری سزای دنیا ببین، بە هۆی کرداری ئەوانەوەو چاوپۆشیمان لێ بکە ئەی پەروەردگارمان، بێگومان کە تۆ هەر خۆتیت دەسەڵاتدارو

کاربەجێ، کەواتە لادان لە بەرنامە و بڕیارو سنورەکانی ﷲ نابەجێ و نەفامانەیە.

(٦) بە حەقیقەت ئەی ئوممەتی محمد ﷺ لەو پێغەمبەرەو پەیڕەوانیدا پێشەواییەکی جوان هەیە بۆ ئەوانەی کە هیوایان بە خواو باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی هەیەو هەر کەسێکیش پشت بکاتە ئەو ئایینە هەر خۆی زیان دەکاتو خوا هیچ پەکێکی لەبەر ئەو ناکەوێت، ئەوسا خودا هەر خۆی بێ نیازو سوپاسکراوە، جا چی ئێوە سوپاسی بکەن یان نە یکەن. پێغەمبەر ﷺدەفەرموێ: {إِنِّي أَرَى مَا لَا تَرَوْنَ وَأَسْمَعُ مَا لَا تَسْمَعُونَ أَطَّتْ السَّمَاءُ وَحُقَّ لَهَا أَنْ تَئِطَّ مَا فِيهَا مَوْضِعُ أَرْبَعِ أَصَابِعَ إِلَّا وَمَلَكٌ وَاضِعٌ جَبْهَتَهُ سَاجِدًا لِلَّهِ وَاللهِ لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا / الترمذي،الالباني:حسنه/ بێگومان من دەبینم ئەوەی کەئێوە نایبینن، جادەیبیستم ئەوەی کە ئێوە نایبیسن ئاسمان چرکە چرکی دێتوپێویست کراوە لەسەری کەوا چرکە چرکی بێت چونکە جێگای چوار پەنجەی نیە مەگەر فریشتەیەك ناوچاوی خۆی تێدا دانابێت بەسوجدە بردن بۆخوا سوێند بەخوا ئەگەر بزانن ئەوەی کەمن دەیزانم کەم پێدەکەنینو زۆر دەگریان} جا تۆ ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر یادی خوا نەکەیت دەبێ چ زیانێك لەخوا بکەوێت؟ ئەی مرۆڤ تۆ بەرێزی بەنافرمانی خوا خۆت بێ رێز مەکە دڵنیابە ئەگەر دۆستی خوانە بیت بونەوەر هەمو دوژمنتە.

(٧) نزیکە خودا لەنێوان ئێوەو ئەو کەسانەی کە دوژمنایەتی یەکترتان کردوەدۆستایەتی دروست بکات، بەهۆی باوەڕ هێنانیانو پەیوەندیکردنیان پێتانەوە، جا بەراستی خودا بەهێز و توانایە و هەمو شت لەلای ئەو ئاسانەو خودا زۆر چاوپۆشیکەرە لە تاوانی بەندەکانیو بێ سنور میهرەبانە بۆیان، جا دوور نیە ئەوەی کە ئەمڕۆ داواتان لێدەکرێت خۆشتان نەونو بێزاری خۆتان بەرامبەریان دەر بخەن، پەروەردگار هیدایەتیان بداتو دۆستایەتی لەناو دڵەکانتاندا دروست بکات. ئەسمای کچی ئەبوبەکر دەڵێت: لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ دایکم کە موشریك بو، هات بۆلام جا پرسیارم کرد لە پێغەمبەر ﷺ کە ئایا منیش صلەی ڕەحم بەجێبهێنم لە گەڵ ئەودا، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {نَعم/ متفق علیه/ بەڵێ}جا دەڵێن ئەو کاتە ئەم ئایەتە دابەزی کە دەفەرموێ:

(٨) خودا ڕێگەی لە ئێوە نەگرتوە کە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە شەڕیان لەگەڵدا نەکردون لەسەر ئایینو لەسەر زەویو زاری خۆتاندا دەریان نەکردون کە چاکەیان لەگەڵدا بکەنو دادپەروەرانە لەگەڵیاندا ڕەفتار بکەن، چونکە بەڕاستی خودا دادپەروەرانی خۆشدەوێت. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ الْمُقْسِطِينَ عِنْدَ اللهِ عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ عَنْ يَمِينِ الرَّحْمَنِ عَزَّ وَجَلَّ وَكِلْتَا يَدَيْهِ يَمِينٌ الَّذِينَ يَعْدِلُونَ فِي حُكْمِهِمْ وَأَهْلِيهِمْ وَمَا وَلُوا/ مسلم وغيره/ بێگومان دادپەروەران لەلای خوا لەسەر مینبەرەکانی نورن لەلای راستی خوای بەتواناو گەورەو هەردوولای هەر راستە، ئەو کەسانەی کە دادپەروەرن لەبڕیاریانداو لەناو کەسو کاریاندا و لەنێوان ئەوانەی کەسەرپەرشتیان دەکەن} .

(٩) تەنها خوا بەرگریتان لێ دەکات لە دۆستایەتی کردنتان لەگەل ئەو کەسانەی کە لەسەر ئایین شەڕیان پێ فرۆشتونو لەسەر زەویو زاری خۆتاندا دەریان کردونو یارمەتیان داوە لەسەر دەرکردنتان، جا هەر کەسێك ئەوانە بکات بە دۆستی خۆی، ئەوسا ئەوانە ستەمکارنو زیانیان بە خۆیان گەیاندوە.بەڵێ بەندێك لە رێکەوتنەکانی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ بێباوەڕانی مەکەدا لەئاشتەوایی حودەیبیەدا، ئەوەبو کە ئەگەر کەسێك لەوان هات بۆناو موسڵمانان ئەگەرچی موسڵمانیش بێت دەبێت بیگەڕێننەوە، جا پەروەردگار ئەم بڕیارە گشتیە کە لەوسونەتدا هاتبو تایبەت کردوەو حوکمی ئافرەتانی جیا کردەوە و فەرموی:

(١٠) ئەی ئەو کەسانەی کە خواناسن هەر کاتێك ئافرەتانی باوەڕداری کۆچکەر هاتنە لاتان (لەکاتی ئاشتەوایی حودەیبیەدا)و وتیان: باوەرمان هێناوە تاقیان بکەنەوەو بزانن ڕاست دەکەن سوێندیان بدەنو بڵێن: تەنها لەبەر موسڵمان بون هاتوینو هیچ ڕقو کینەیەکمان لە مێردی خۆمان نەبوە، خوا ئاگادارە بە ئیمانیان جا ئەگەر زانیتان باوەڕدارن نەکەن بیانگەڕێننەوە بۆلای خوانەناسان نە ئەو ئافرەتانە حەڵاڵن بۆ ئەو خوانەناسانە، نە ئەو

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ يُبَايِعۡنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشۡرِكۡنَ
بِٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَلَا يَسۡرِقۡنَ وَلَا يَزۡنِينَ وَلَا يَقۡتُلۡنَ أَوۡلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأۡتِينَ
بِبُهۡتَٰنٖ يَفۡتَرِينَهُۥ بَيۡنَ أَيۡدِيهِنَّ وَأَرۡجُلِهِنَّ وَلَا يَعۡصِينَكَ
فِي مَعۡرُوفٖ فَبَايِعۡهُنَّ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُنَّ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ
﴿١٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَوَلَّوۡاْ قَوۡمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ
قَدۡ يَئِسُواْ مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِ كَمَا يَئِسَ ٱلۡكُفَّارُ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡقُبُورِ ﴿١٣﴾

سُورَةُ الصَّفِّ ٦١ ١٤

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ
﴿١﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ﴿٢﴾
كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ﴿٣﴾ إِنَّ
ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفّٗا كَأَنَّهُم
بُنۡيَٰنٞ مَّرۡصُوصٞ ﴿٤﴾ وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ لِمَ
تُؤۡذُونَنِي وَقَد تَّعۡلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡۖ فَلَمَّا
زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴿٥﴾

خوانەناسانەش حەڵاڵن بۆ ئەو ئافرەتانەو ئەوەی کە مێردە خوانەناسەکەی خەرجی کردوە تێیدا بیدەنەوە، ئەگەر مارەییتان پێدان نیکاحیان بکەن هیچی تێدا نیە و نیکاحی ئافرەتانی خوانەناس نامێنێت، ئەگەر لە عیدەی تێپەڕی‌و موسڵمان نەبو، ئێوەش داوای ئەوە بکەن کە خەرجتان کردوە لەو ئافرەتانەداو ئەوانیش با داوای ئەوە بکەن کە خەرجیان کردوە، ئەوە بڕیاری خوایە کە بڕیار دەدات لە نێوانتانداو دەبێت هەردوولا جێ بەجێی بکەن‌و خوا زانایە بە ئیشەکانتان‌و دانایە لە دانانی بەرنامەو ڕێبازەکەیداو لادان لێی گومڕایی‌و سەرلێشێوانە لە دنیاداو سزای بەژانی ڕۆژی دواییشە.

﴿١١﴾ خۆ ئەگەر هەندێك لە ژنانتان پاشگەزبوونەوەو چوونە ناو خوانەناسانەوە (ئەوەی تیایاندا خەرجکراوە بۆیان نەیگەڕاندەوە) جا هەر کاتێك دەستکەوتتان لەو خوانەناسانەوە دەستکەوت پێش دابەشکردنی ئەوەندەی کە خەرجیان کردوە لەو ژنانەیان پێیان بدەنەوەو لەو خوایە بترسن کە باوەڕتان پێ هێناوەو مافی کەس نەخۆن.

﴿١٢﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ هەر کاتێك ئافرەتانی باوەڕدار هاتنە لات‌و پەیمانیاندا کە هیچ شتێك نەکەن بە هاوبەشی خوداو دزی نەکەن‌و داوێن پیسی نەکەن‌و منداڵانی خۆیان نەکوژن‌و بەدرۆ منداڵی کەسی تر نەکەن بە منداڵی مێردیان‌و لە چاکەدا فرمانی تۆ نەشکێنن، تۆش لەوان ئەو پەیمانە وەربگرەو داوا لە خوا بکە کە لێیان خۆش ببێت، بێگومان کە خودا زۆر چاوپۆشیکەرو بێنیهایەت میهرەبانە. بوخاری لە دایکی عەتیەوە هێناویەتی کە پەیمانمان دا بە پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئەوەی کە: (هاوبەش بۆ خودا دانەنێین و...و...هتد)و بەرگری کردین لە گریانی دەنگی بەرز لە تازیەدا، جا ئافرەتێك دەستی خۆی گرتەوەو وتی: فلانە ژن بۆ کەس‌وکاری من گریاوە دەمەوێت منیش پاداشتی بدەمەوەو بە دەنگی بەرز بۆی بگریم لە تازیەدا، جا پێغەمبەری خوا ﷺ هیچی پێ نەوت، ڕۆیشت‌و دوایی گەڕایەوەو پەیمانی پێدا، (مسلم)یش ئەم ڕیوایەتەی هێناوەتەوە ئەمەی لێ زیاد کردووە کە (جگە لە دایکی عەتیەو دایکی سولەیم کچی میلحان کەسێکی تر وەفای بەم پەیمانە نەکرد)، لە ڕیوایەتێکی تری بوخاریدا دەڵێت: پێنج ئافرەت وەفایان پێکردوە ئەو دووانەو سێ ئافرەتی تریش.لێرەوە دەردەکەوێت کەگریانی ئافرەتان بۆ مردو داب‌ونەریتی سەردەمی نەفامییە و ئیسلام حەرامی کردوە. بوخاری لەخاتون عائیشەی خێزانی پێغەمبەرەوە ﷺ هێناویەتی کە: {أَنَّ رَسُولَ الله كَانَ يَمْتَحِنُ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِ مِنْ الْمُؤْمِنَاتِ بِهَذِهِ الْآيَةِ بِقَوْلِ الله ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ يُبَايِعۡنَكَ ..الي قوله إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ قَالَ عُرْوَةُ قَالَتْ عَائِشَةُ فَمَنْ أَقَرَّ بِهَذَا الشَّرْطِ مِنْ الْمُؤْمِنَاتِ قَالَ لَهَا رَسُولُ الله ﷺ قَدْ بَايَعْتُكِ كَلَامًا وَلَا وَ الله مَا مَسَّتْ يَدُهُ يَدَ امْرَأَةٍ قَطُّ فِي الْمُبَايَعَةِ مَا يُبَايِعُهُنَّ إِلَّا بِقَوْلِهِ قَدْ بَايَعْتُكِ عَلَى ذَلِكِ/ بەراستی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوئافرەتانەی کە کۆچیان دەکرد بۆ لای بەم ئایەتە تاقی دەکردنەوە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ يُبَايِعۡنَكَ ..الي قوله إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ عوروە وتی: خاتون عائیشە وتویەتی: کە هەر ئافرەتێکی باوەڕدار دانی بەوەدا نابێت پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموە: بەراستی پەیمانم لەگەڵتابەست بەقسە، جا بەخوا هەرگیز لەو پەیمانانەدا

دەستی نەکەوتوە لەدەستی هیچ ئافرەتێك هەر بەقسە بەیعەتی لەگەڵدا دەکردن (کەدەیفەرمو) بەراستی پەیمانم لەگەڵتا بەست لەسەر ئەوە}.

(١٣) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەو گەلەی کە خوا غەزەبی لێ گرتون،واتە: جولەکە مەکەن بە دۆستی خۆتان، بە راستی ئەوانە نائومێدن بە هاتنی ڕۆژی دوایی، هەروەکو چۆن خوانەناسان لە مردوی گۆڕستانەکان نائومێدنو پێیان وایە زیندو بونەوەیەکیان بۆنیەو هیچ ئومێدی چاکیان لێناکرێ.

سورەتی سەف
٦١ — ١٤

سورەتی سەف کە سورەتی شەستو یەکەمی قورئانە، زۆرینەی ڕاڤەکەران لەسەر ئەوەن کە لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، چواردە ئایەتە،ناسخو مەنسوخی تێدا نیە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی سیویەکەمەو پاش سورەتی (القارعة) و پێش (الهمزة) دابەزیوە. عەبدوڵای کوڕی سەلام دەڵێت: {قَعَدْنَا نَفَرٌ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ الله ﷺ فَتَذَاكَرْنَا فَقُلْنَا لَوْ نَعْلَمُ أَيَّ الْأَعْمَالِ أَحَبُّ إِلَى الله لَعَمِلْنَاهُ فَأَنْزَلَ الله تَعَالَى: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ ... / الترمذي، صححه الألباني/ هەندی لە یارانی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ یەکدا دانیشتبوین، جا لەنێوان خۆماندا باسمان دەکرد جا وتمان ئەگەر بمانزانایە کە کام کردار لە لای ﷲ خۆشەویسترە بەخوا ئەوەمان ئەنجامان دەدا، ئەوسا خوای گەورە ئەم ئایەتانەی سەرەتای سورەتی صەف ڕەوانەکرد کە بۆی رون کردنەوە کە پەروەردگار ئەو موجاهیدانەی خۆش دەوێت کە لەرێی ئەودا پاڵ بەپاڵی یەك دژ بە بێباوەران دەجەنگن.}

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەوەی لەناو ئاسمانانو لەناو زەویدایە هەموی تەسبیحاتی خوا دەکەنو لەیادی خوا بێ ئاگانینو هەر خۆیەتی دەسەڵاتداری کاربەجی، ئەگەر هەندێکیان لەو بەشە سەربەخویە کە پێیان دراوە بە زمانیش تەسبیحاتی پەروەردگار نەکەن، بەڵام هەمو ئەندامەکانی لەشیان گوێڕایەڵی فرمانی پەروەردگارنو تواناىو زانای‌وئاگای‌و بێعەیبی ﷲ پیشان دەدەنو تە سبیحاتی ئەوزاتە دەکەنو هەربەشێکی تەماشا بکرێت بەڵگەیەکی گەورەو گرنگە لەسەر پاکیو بێ عەیبیو زانایی‌و ئاگای‌و کاربەجێی ئەوزاتە.

(٢) ئەی باوەڕداران بۆ دەڵێنو کردەوەتان نیە.

(٣) ڕقی خوا زۆر گەرەوەیە لەو قسانەی کە دەیکەنو کرداری پێ ناکەن. لە فەرمودەی سەحیحدا هاتوە کە: {آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلَاثٌ: إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ/ نیشانەی دووڕوو سیانە یەکەم: هەر کاتێك قسەی کرد درۆ دەکات، دووهەم: هەر کاتێك بەڵێنی دا نایباتە سەر، سێهەم: هەر کاتێك ئەمانەتی پێ سپێردرا خیانەتی تێدا دەکات} پێویستە خاوەن باوەڕ ئاگای لە قسەکانی بێتو خۆی بە بەرپرس بزانێت سەبارەت بە قسەو کردارەکانی، نەك فرمان بکات بەخەڵکی بە کرداری باشو خۆی نەیکات، ئەوەبو لەسورەتی بەقەرە ئایەتی/ چلوچوار/فەرموی: ﴿ئێوە فرمان بەخەڵکی دەدەن بەچاکەو خۆتانتان لەبیر چوەتەوە کەهەر خۆیشتان قورئان دەخوێننەوە، دەی ئەوە بۆتێ ناگەن؟! ﴾.

(٤) بێگومان کە ﷲ ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە یەك ڕیز لە دژایەتی خوانەناسان شەڕ دەکەن، وەك ئەوە وابن کە چەندین ساختمانی بەیەکەوە جۆشدراون، ئەبوزەڕ دەڵێت: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر ﷺ کام کردوە لە هەمو چاکترە؟ فەرموی: {إِيمَانٌ بِالله وَجِهَادٌ فِي سَبِيلِهِ/ متفق عليه/ ئیمان بە ﷲ و جیهاد لەرێی ئەودا} وە ئەبو هورەیرە دەڵێت: {قِيلَ لِلنَّبِيِّ ﷺ مَا يَعْدِلُ الْجِهَادَ فِي سَبِيلِ الله عَزَّ وَجَلَّ قَالَ لَا تَسْتَطِيعُونَهُ قَالَ فَأَعَادُوا عَلَيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا كُلُّ ذَلِكَ يَقُولُ لَا تَسْتَطِيعُونَهُ وَقَالَ فِي الثَّالِثَةِ مَثَلُ الْمُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ الله كَمَثَلِ الصَّائِمِ الْقَائِمِ الْقَانِتِ بِآيَاتِ الله لَا يَفْتُرُ مِنْ صِيَامٍ وَلَا صَلَاةٍ حَتَّى يَرْجِعَ الْمُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ الله تَعَالَى/متفق عليه/ پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ چ شتێك دەگات بە پلەو پایەی جیهاد لە رێی ﷲ دا فەرموی: ئەوەتان پێناکرێت جا دوو جار یان سێ جار ئەم پرسیارەیان لێکرد،جا هەمو جار دەیفەرمو: ئەوەتان پێناکرێت پاشان فەرموی: وێنەی ئەو کەسەی کە جیهاد دەکات لە رێی ﷲ دا، وەك ئەوکەسە وایە کە بەرۆژ بە رۆژو بێتو شەوان شەو نوێژ بخوێنێتو

وَإِذۡ قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُم مُّصَدِّقٗا
لِّمَا بَيۡنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِي ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُۖ فَلَمَّا
جَآءَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ (٦) وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ
عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُوَ يُدۡعَىٰٓ إِلَى ٱلۡإِسۡلَٰمِۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ
(٧) يُرِيدُونَ لِيُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ
ٱلۡكَٰفِرُونَ (٨) هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ
عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ (٩) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ
عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ (١٠) تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ
فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (١١)
يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ
طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ (١٢) وَأُخۡرَىٰ تُحِبُّونَهَاۖ نَصۡرٞ
مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتۡحٞ قَرِيبٞۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ (١٣) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ
أَنصَارَ ٱللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ لِلۡحَوَارِيِّـۧنَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ
قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِۖ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ
وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞۖ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ (١٤)

بەردەوام بێت لەسەر خوێندنی قورئان کە لەرۆژو لەنوێژ نەبچڕێت هەتا ئەو غەزاکەرە دەگەڕێتەوە بۆماڵی خۆی، جا ئەم ئایەتەش وەڵامی ئەوانە بو کە دەیان ویست بزانن کە ﷲ چ کردارێکی لە هەمو خوشتر دەوێت، ﷲ ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە ئەم سێ سیفەتەیان تێدابێت:

یەکەم: پیاوی مەیدانی چەنگو جیهاد بن.

دووهەم: موخلص بن‌و نیەتیان لەو جیهادە تەنها بەرزکردنی فەرمانی ﷲ بێت.

سێهەم: پاڵ بەپاڵی یەك‌و دور لە لە بەش بەشی‌و تەفرقە هەستن بۆ بەجێهێنانی ئەو جیهادە. جا ئەوەیە سیفەتی خواناسانی ڕاستەقینە نەك وەك ئێمە چەند دەستەو چەند بەشین‌و هەر کەسێکیش خۆی بە جێنشینی ڕاستەقینەی ئەو ئایینە دەزانێت، ئەگەر چی ئایین بە دەیان فرسەخ لێمانەوە دورە، کامەیە قسەی ڕاست‌و کردارمان، کامەیە یەك ڕیزیمان زۆرێکی زۆر لە ئوممەتی ئیسلام بوەتە داردەستی خوانەناسان‌و براو خوشکی موسڵمانی خۆیانیان بۆ ڕاو دەکەن؟! وا وەیلا لەو موسیبەتە.نازانن کوشتن‌و ئازاردانی موسڵمان چەند تاوانێکی گەورەیە لەلای خوای خاوەن دەسەڵات.

(٥) بە بیریان بهێنەوە ئەو کاتەی کە موسا بە گەلەکەی خۆی وت: ئەی گەلی خۆم بۆچی ئازارم دەدەن لە حاڵێکدا چاك دەزانن کە من پێغەمبەری خودام‌و ڕەوانەکراوم بۆ لای ئێوە، جا کاتێك لە ڕاستی لایانداو ئازاری موسایان دا خوایش دڵی ئەوانی بەو شێوەی کە هەر لە سەرەتاوە بۆیان دانرابوو لە حەق‌و ڕاستی لاداو (ئەوەی لە ئەزەلدا شاراوە بو دەرکەوت‌و کافر بون)و خواش گەلی خوانەناس‌و لەسنور تێپەڕیو تازە ڕێنمایی ناکات.

(٦) جا بە بیریان بهێنەوە ئەو کاتەی کە عیسای کوڕی مەریەم وتی: ئەی کوڕانی یەعقوب بێگومان من پێغەمبەری خودام ڕەوانە کراوم بۆ لای ئێوەو باوەڕم بە تەورات هەیە‌و موژدەدەریشم بە پێغەمبەرێك کە پاش من دێت کە ناوی ئەحمەدە (کە یەکێکە لە ناوەکانی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ و لە فەرمودەدا هێناویانە کە فەرمویەتی: {إِنَّ لِي أَسمَاءً: أنا مُحَمَّدٌ، وَأَنَا أَحمَدُ، وَأَنَا الماحي يَمحو الله بِهِ الكُفرَ، وَأَنَا الحَاشِرُ يُحشَرُ النَّاسُ عَلَى قَدَمِي، وَأَنَا العَاقِبُ/ الترمذي، صححه الألباني/ بێگومان من چەندین ناوم هەیە: من محمدم و من ئەحمەدم و من ماحیم کە خوا بێ دینی بە من لادەبات لە نیوەدوورگەی عەرەبدا و من حاشرم خودا لەپاش من حەشری خەڵك دەهێنێت، وە من عاقیبم کە هیچ پێغەمبەرێکی تر پاش من نایەت} پێغەمبەرمان ﷺ چەندین ناوی تری هەیە لێرەدا مەبەستمان هێنانی (أحمد) بو کە عیسا ﷺ مژدەی هاتنی داوەو هەندێك بەو بۆنەوە لەم ڕاستیە هەڵە بون‌و ڕێگای چەوتییان گرتووەتەبەرو چاوەڕوانی هاتنی ئەحمەد یان کردووەو ئێستاش گەلێك بەوە خەڵەتاون‌و بە گومانێك چاویان لەو هەمو ڕاستیە نوقاندوە، خوا دەفەرموێ: جا کاتێك کە ئەو پێغەمبەرەیان بە نیشانەی ڕۆشنەوە بۆ هات وتیان: ئەمە جادویەکی ئاشکرایەو لە ناسینی پێغەمبەر ﷺ خۆیان بوراد، جا خودا لەدەمیان دەدات‌و دەفەرموێ:

(٧) کێ هەیە ستەمکارتر لەو کەسەی کە درۆ بە دەمی خواوە بکات لە حاڵێکدا کە ئەو بۆ ئایینی ئیسلام بانگ بکرێت کە مایەی خۆشبەختی هەردوو دنیایە، بەڕاستی ئەوە خوانەناس ستەمکارەو خواش گەلی خوانەناس‌و ستەمکار ناگەیەنێت بە خۆشبەختی‌و ڕێنماییان ناکات.

(٦٢) سورەتی جومعە (١١)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡمَلِكِ ٱلۡقُدُّوسِ ٱلۡعَزِيزِ
ٱلۡحَكِيمِ (١) هُوَ ٱلَّذِي بَعَثَ فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ
عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ
مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ (٢) وَءَاخَرِينَ مِنۡهُمۡ لَمَّا يَلۡحَقُواْ بِهِمۡۚ
وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (٣) ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ
ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ (٤) مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ ثُمَّ لَمۡ
يَحۡمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارَۢاۚ بِئۡسَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ
ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٥)
قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ هَادُوٓاْ إِن زَعَمۡتُمۡ أَنَّكُمۡ أَوۡلِيَآءُ لِلَّهِ مِن
دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ (٦) وَلَا يَتَمَنَّوۡنَهُۥٓ
أَبَدَۢا بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ (٧) قُلۡ إِنَّ
ٱلۡمَوۡتَ ٱلَّذِي تَفِرُّونَ مِنۡهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمۡۖ ثُمَّ تُرَدُّونَ
إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ (٨)

(٨) ئەوانە (ئەوەندە نەزانن) دەیانەوێت ڕوناکی خوا بە فوی دەمیان بکوژێننەوە، جا خوا ڕوناکی خۆی کە ئاینی ئیسلامە تەواو دەکات ئەگەر چی خوانەناسانیش پێیان ناخۆشبێت، واتە هەرچۆنێك ناتوانرێت ڕوناکی خۆر بە فو بکوژێننەوە، هەر ئاوەهاش ڕوناکی ئاینی ئیسلام ناتوانن بکوژێننەوە.

(٩) خوا ئەو زاتەیە کە پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ ناردوە بە ڕێنمایی‌و ئاینی ڕاستەوە تا ئەو ئایینە سەربخات بەسەر تەواوی ئایینەکانی تردا ئەگەرچی موشریکانیش پێیان ناخۆش بێت، بەدڵنیاییەوە بەلگەکانی ئەم ئایینە سەرکەوتو دەبێت بەسەر هەمو بۆچونەکانداو بەدەستی پیاوانی ئەهلی جیهادیش ئەو ئایینە لە ئاخر زەماندا زاڵ دەبێت بەسەر هەمو دینەکاندا، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {لَيَنْزِلَنَّ ابْنُ مَرْيَمَ حَكَمًا عَادِلًا فَلَيَكْسِرَنَّ الصَّلِيبَ وَلَيَقْتُلَنَّ الْخِنْزِيرَ وَلَيَضَعَنَّ الْجِزْيَةَ وَلَتُتْرَكَنَّ الْقِلَاصُ فَلَا يُسْعَى عَلَيْهَا وَلَتَذْهَبَنَّ الشَّحْنَاءُ وَالتَّبَاغُضُ وَالتَّحَاسُدُ وَلَيَدْعُوَنَّ إِلَى الْمَالِ فَلَا يَقْبَلُهُ أَحَدٌ/ مسلم وغيره/ سوێند بێت کە عیسای کوڕی مریەم دادەبەزێت کەدەبێت بە فرمانڕەوایەکی دادپەروەر، ئینجا سەلیب دەشکێنێت‌و بەراز دەکوژێت‌وسەرانە لادەبات‌و وشتر بەرەڵا دەکرێت‌و گوێی پێ نادرێت و بەخاڵەت ورق لەیەکبونەوە و حەسادەت لەناو دەچێت و بانگ دەکات بۆ وەرگرتنی ماڵ ئەوسا هیچ کەسێك وەری ناگرێت}. ئەی ئەو کەسانەی باوەڕدارن دەتانەوێت بازرگانییەکی واتان پیشان بدەم کە لە سزای بەژان ڕزگارتان بکات؟

(١١) ئەو بازرگانیە ئەوەیە کە باوەڕ بە خواو بە پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن‌و لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ئایینەکەی ئەودا هەوڵبدەن بە ماڵتان‌و بە گیانتان، ئەگەر بەخۆتان بزانن ئەوە شتێکی چاکە بۆتان، جا لە پاداشتی ئەوەدا،

(١٢) اللهُ لە گوناهتان خۆش دەبێت‌و دەتانخاتە ناو باخچەیانێکەوە کە چەندین جۆگە بەناویاندا دەڕوات‌و جێگایانێکی پاکەو کە لەناویدا باخچە گەلێکی هەمیشەیی تێدایە بۆ دانیشتن کە ئەوەیە سەرکەوتن‌و بەخششی گەورە،

(١٣) ئەوسا شتێکی تریش کە ئێوە پێتان خۆشە کە ئەویش یارمەتیەکە لەلایەن خواوەو سەرکەوتنێکی نزیکەوئەی محمد ﷺ ئەم مژدەیە بە خاوەن باوەڕان بدە. وە ئەمەش جگە لە پاداشتی دوارۆژ پاداشتێکی دنیایی بو بۆ ئەوانە کە بەماڵ‌و گیانیانەوە یارمەتی دەری ئەم ئایینەن.

(١٤) ئەی باوەڕداران ببن بە یارمەتیدەری ئایینی خودا هەروەکو چۆن عیسای کوڕی مەریەم بە یارانی خۆی وت: کێ بەرەو ڕێبازی خوا یارمەتیم دەدات؟ یارانی وتیان: ئێمە یارمەتیدەری ئاینی خوداین، ئەوسا تاقمێك لە مندالآنی یەعقوب باوەڕیان هێناو تاقمێکی تریان هەروا بە بێ باوەڕی مانەوە، جا ئێمە خاوەن باوەڕەکانیانمان یارمەتی دا تا سەرکەون بەسەر دوژمنانی خۆیاندا، ئەوسا ئەوان سەرکەوتن. ئەمە هەڵنانی موسڵمانانەو تێیان دەگەیەنێت کە ئەگەر دەتانەوێت سەرکەوتن‌و ئەو هەموو خێرو چاکەی کەباسکرا پێتان بدرێت دەی ئێوەش

بەڕاستی ببن بە یارمەتیدەری ئایینی پیرۆزی ئیسلام دڵنیابن کە ئێوەش یارمەتی دەدەینو بەسەر دوژمنانی خۆتاندا زاڵتان دەکەین.

(٦٢) سورەتی جومعە (١١)

سورەتی جومعە کە سورەتی شەستو دووهەمی قورئانە، کە بە کۆی دەنگ لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، یانزە ئایەتە، ناسخو مەنسوخی تێدا نیە، لە سورەتی پێشودا فەرمان بەجیهاد دراو بە تیجارەتو بازرگانی ناوی لێبرا، لەم سورەتەشدا باسی عیبادەتێکی گەورەدەکرێت، کە لە بازرگانی دنیایی گەورەترە ئەویش نوێژی جومعەیە، هەروەها باسی ریزەکان کرا لە مەیدانی شەردا، لێرەش باس لە نوێژی جومعە دەکات کە پێویستی بەکۆمەڵو ریزەکان هەیە. عەبدوڵای کوڕی عەباس دەڵێت:{أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقْرَأُ فِي صَلَاةِ الْفَجْرِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ الم تَنْزِيلُ السَّجْدَةِ وَهَلْ أَتَى عَلَى الْإِنْسَانِ حِينٌ مِنَ الدَّهْرِ وَأَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقْرَأُ فِي صَلَاةِ الْجُمُعَةِ سُورَةَ الْجُمُعَةِ وَالْمُنَافِقِينَ /مسلم وغيره/ کە پێغەمبەر ﷺ لە نوێژی بەیانی رۆژی جومعەدا سورەتی (سەجد)ەو (دەهر)ی خوێندوەو لە نوێژی جومعەدا (جومعە)و (مونافقین)ی خوێندوە}.

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەوەی کە لەناو ئاسمانانو لەناو زەویدایە تەسبیحاتی ئەو خودایە دەکات کە خاوەنی هەموو شتەو بێ عەیبەو دەسەڵاتدارو کار بەجێیە، لادان لە یاسای خودا دژایەتی ئاشکرای ناوی (حکیم)ی خودایە.

(٢) خۆی ئەو زاتەیە کە لەناو نەخوێندەوارانداپێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ ڕەوانەکردن کە نیشانەکانی خودا دەخوێنێتەوە ، بەسەریانداو پاکیان دەکاتەوە لە نەفامیو بت پەرستیو فێری ئەم قورئانەیان دەکات، ئەگەرچی پێش ئەم قورئانە لە سەرگەردانیەکی ئاشکرای وادا بون کەلەدار و بەرد هەیکەلیان دەتاشیوپاشان بەندایەتیان بۆدەکردنو لێیان دەپاڕانەوەو لێیشیان دەترسان؟! هەندێ جاریش لەخورما دروستیان دەکردن هەرکاتێ برسیان ببوایە دەیانخوارد! دەی ئایا ئەمە سەر لێشێوانێکی ئاشکراو رون نیە؟

(٣) خۆ جگە لەوانیش ئەو پێغەمبەرە نیشانەکانی خودا دەخوێنێتەوە بەسەر کەسانێکی تردا کە هێشتا نەگەیشتون بە ئەوانو پاکیان دەکاتەوە لە نەفامیو بت پەرستیو فێری ئەم قورئانەیان دەکات، واتە: بۆ هەمو ئومەتی پێغەمبەرە ﷺ و هەر خوا خۆیەتی دەسەڵاتدارو دانا، ئەبو هورەیرە دەڵێت: {كُنَّا جُلُوسًا عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ فَأُنْزِلَتْ عَلَيْهِ سُورَةُ الْجُمُعَةِ وَآخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ قَالَ قُلْتُ مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَلَمْ يُرَاجِعْهُ حَتَّى سَأَلَ ثَلَاثًا وَفِينَا سَلْمَانُ الْفَارِسِيُّ وَضَعَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَدَهُ عَلَى سَلْمَانَ ثُمَّ قَالَ لَوْ كَانَ الْإِيمَانُ عِنْدَ الثُّرَيَّا لَنَالَهُ رِجَالٌ أَوْ رَجُلٌ مِنْ هَؤُلَاءِ / متفق عليه/ لەخزمەت پێغەمبەردا ﷺ دانیشتبوین کە سورەتی جومعەی بۆدابەزی کە﴿وَآخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ /وەجگە لەوانیش کەهێشتا بەوان نە گەیشتون﴾ی تێدابو، ئەڵێ وتم:کێن ئەوانە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟ جاوەڵامی نەدایەوە هەتا سێ جار پرسیاری کرد وسەلمانی فارسیمان تێدا بو، جا پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی لەسەر سەلمان داناو پاشان فەرموی: ئەگەر ئیمان لەلای سورەیا بێت پیاوانێك یان پیاوێك ئالەمانە پێی دەگات} بەڵی وڵاتی فارس جیگای پیاوانێکی بەرز بوە،وەك ئیمامی مسلم کە خەڵکی نەیشابورەو ئیمامی ئەبوداود خەڵکی سەجستانەو ئیمامی تورمزی وئەبو حەنیفەو بوخاریو نەسائیوسەدانی تر کە هەڵگرانی چرای ئەم ئایینە بونو هەتا قیامەت خەڵك سود لەوان وەردەگرێت لە هەمو بوارەکاندا، راستت فەرموە ئەی پێغەمبەری ئازیز ﷺ .

(٤) ئەوەش چاکەی خودایە دەیدات بە کەسێك کە ئارەزۆی لێ بێت، خوا خاوەنی چاکەی گەورەیە لەوانە پێغەمبەرایەتی محمد ﷺ ی کوڕی عەبدوڵای مەکەیی قورەیشی عەرەبیە بۆئەم ئومەتە، ئەگەر ئەم ئومەتەیش سوپاسی ئەم چاکە گەورەی خوایان بکردایە بەم ڕۆژە نەدەگەیشتن، کە هەمو کەس چاوی تێمان بڕیوە وسەروەتو سامانمان بخۆنو خۆشمان سوكو بێ نرخ بکەن، ئینجا خوا باسی ئەو کەسانەی وەك ئێمە دەکاتو دەفەرموێ:

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ
فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ
تَعۡلَمُونَ ﴿٩﴾ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ
وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ
﴿١٠﴾ وَإِذَا رَأَوۡاْ تِجَٰرَةً أَوۡ لَهۡوًا ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيۡهَا وَتَرَكُوكَ قَآئِمٗاۚ قُلۡ
مَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ مِّنَ ٱللَّهۡوِ وَمِنَ ٱلتِّجَٰرَةِۚ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿١١﴾

سُورَةُ المُنَافِقُونَ ٦٣ — ١١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ قَالُواْ نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ
إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ﴿١﴾
ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ ﴿٢﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ
فَهُمۡ لَا يَفۡقَهُونَ ﴿٣﴾ ۞ وَإِذَا رَأَيۡتَهُمۡ تُعۡجِبُكَ أَجۡسَامُهُمۡۖ
وَإِن يَقُولُواْ تَسۡمَعۡ لِقَوۡلِهِمۡۖ كَأَنَّهُمۡ خُشُبٞ مُّسَنَّدَةٞۖ يَحۡسَبُونَ كُلَّ
صَيۡحَةٍ عَلَيۡهِمۡۚ هُمُ ٱلۡعَدُوُّ فَٱحۡذَرۡهُمۡۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ﴿٤﴾

(٥) وێنەی ئەو کەسانەی کە تەوراتیان پێ هەلگیراو پاشان بەو ئەرکەی کە تەورات داوای لێکردوبون هەڵنەسان، وەکو وێنەی کەرێکەو باری پەڕاوی هەلگرتبێت هەر چۆنێك ئەو کەرە سوود لەو پەڕاوانە وەرناگرێت ئەوانیش هاوشێوەی ئەو کەرەن، ئەمە وێنەیە بۆ ئەو کەسانەی کە گوێ بە یاسای خوا نادەن، بۆیە دەفەرموێ: وێنەی ئەو گەلەی کە باوەڕیان نەهێناوە بە نیشانەکانی خودا زۆر خراپەو خوایش گەلی ستەمکار ڕێنمایی ناکاتو نایخاتە ڕیزی خۆشبەختانەوە.

(٦) ئەی محمد ﷺ بەوانەی کە جولەکەن بڵێ: ئەگەر ئێوە وا گومان دەبەن کە ئێوە دۆستانی خودان نە خەڵکی تر دەی داوای مردن بکەن با زوو بگەنەوە بە خواو بەو نازو نیعمەتەی کە بۆی داناون ئەگەر ڕاست دەکەن.

(٧) ئەوان هەرگیز ئاواتی مردن ناخوازن، چونکە ئەوەندە خراپەیان کردوە جگە لە سزا چاوەڕوانی شتی تر ناکەنو خوایش زانایە بە کارو پیشەی ستەمکارانو زۆرنابات دەیانکێشێتە دادگاو سزای شیاوبەخۆیانیان بەسەردادەدات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەکرداربەشی ئیمانە، خۆ ئەمانە باوەڕیان بەخواو بەزیندوبونەوەو بەحیساب هەبوە بەشایەتی خودا کەچی خوا خۆی بەکافریان نادەبات.

(٨) ئەی محمد ﷺ بڵێ: بێگومان ئەو مردنەی کە ڕادەکەن لە دەستی ئەوسا بیەدڵنیاییەوە توشتان دەبێتو دەمرن ، پاشان دەتانبەنەوە بۆ لای زانای نادیارو دیار، ئەوسا پێتان دەڵێت چیتان کردوەو دەبێت تاڵاوی کردارەکانتان دەردخوارد بدات. عەبدوڵای کوڕی مەسعود دەڵێت: {خَطَّ النَّبِيُّ ﷺ خَطًّا مُرَبَّعًا وَخَطَّ خَطًّا فِي الْوَسَطِ خَارِجًا مِنْهُ وَخَطَّ خُطَطًا صِغَارًا إِلَى هَذَا الَّذِي فِي الْوَسَطِ مِنْ جَانِبِهِ الَّذِي فِي الْوَسَطِ وَقَالَ هَذَا الْإِنْسَانُ وَهَذَا أَجَلُهُ مُحِيطٌ بِهِ أَوْ قَدْ أَحَاطَ بِهِ وَهَذَا الَّذِي هُوَ خَارِجٌ أَمَلُهُ وَهَذِهِ الْخُطَطُ الصِّغَارُ الْأَعْرَاضُ فَإِنْ أَخْطَأَهُ هَذَا نَهَشَهُ هَذَا وَإِنْ أَخْطَأَهُ هَذَا نَهَشَهُ هَذَا/ البخاري/ پێغەمبەر ﷺ هێڵێکی چوارگۆشەی کیشاو هێڵێکیشی بەناوەراستیا هێنا کە دەرچو لەچوار گۆشەکەو چەندین هێڵی بچوکی لەتەنشتی هێڵە ناوەراستەکەوە کێشا و فەرموی: ئەمەی ناو چوار گۆشەکە مرۆڤەوئەم هێڵەی چواردەوری ماوەکەیەتی (ٱلۡأَجَلَ) کەچواردەوری داوەو لێی دەرناچێت، ئەم هێڵەش کە دەرچوە ئاواتەکانیەتیو ئەم هێڵە وردانەش روداوەکانە ئەگەر یەکێکیان نەیگرێتەوە ئەوی تریان دەیقۆزێتەوە}

(٩) ئەی ئەوانەی باوەڕدارن هەر کاتێك بانگ کران بۆ نوێژی جومعە، ئەوسا بەرەو نوێژی جومعە بڕۆنو واز لە مامەڵە بهێنن ئەوە باشترە بۆتان ئەگەر بزانن، ڕۆژی جومعە کە جەژنی موسڵمانانە ڕۆژێکی پیرۆزە کە پێغەمبەرمان لەبارەیەوە دەفەرموێ:{إِنَّ مِنْ أَفْضَلِ أَيَّامِكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فِيهِ خُلِقَ آدَمُ عَلَيْهِ السَّلَام وَفِيهِ قُبِضَ وَفِيهِ النَّفْخَةُ وَفِيهِ الصَّعْقَةُ فَأَكْثِرُوا عَلَيَّ مِنَ الصَّلَاةِ فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ مَعْرُوضَةٌ عَلَيَّ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَكَيْفَ تُعْرَضُ صَلَاتُنَا عَلَيْكَ وَقَدْ أَرِمْتَ أَيْ يَقُولُونَ قَدْ بَلِيتَ قَالَ إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ قَدْ حَرَّمَ عَلَى الْأَرْضِ أَنْ تَأْكُلَ أَجْسَادَ الْأَنْبِيَاءِ عَلَيْهِمُ السَّلَام/ النسائي، صححه الألباني/ بەراستی لە چاکترین ڕۆژەکانتان رۆژی جومعەیە، کە لەو ڕۆژەدا ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) دروستکراوەو لەو رۆژەش دا مردوەو لەو رۆژەدا فودەکرێت بە کەڵەشاخداو دەنگە گەورەکەش هەرلەو رۆژەدا دەبێ، جا

لەورۆژەدا سڵاواتی زۆرم لەسەر بدەن بەبێگومان ئەو سڵاواتانەی ئێوەم پیشان دەدرێت، وتیان: چۆن ئەوسڵاواتانەی ئێمەت پیشان دەدرێت خۆتۆ دەرزیەیت؟ فەرموی: بێگومان خوای دەسەڵاتداری گەورە قەدەغەی کردوە لەسەر زەوی کەلاشەی پێغەمبەران بخوات} وەلە فەرمودەی تردا هاتوە کە لەو ڕۆژەدا خوا ئاسمانانو زەوی دروستکردوەو لەو ڕۆژەشدا ئادەم خرایە بەهەشتەوەو هەر لەو ڕۆژەشدا دەرهێنراوە، وەلەو ڕۆژەدا قیامەت دێتو لەو ڕۆژەدا کاتێك هەیە ئەگەر کەسێك دوعای تێدا بکات بۆ چاکەی دنیاو دوارۆژ دوعاکەی لێ وەردەگیرێت کە لەبارەی ئەمانەوە فەرمودەی سەحیح هەیە. ئەم ڕۆژە ئەوندە لای خوا گەورەیە کە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ: {مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَمُوتُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَوْ لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ إِلَّا وَقَاهُ اللَّهُ فِتْنَةَ الْقَبْرِ / الترمذي، حسنه الألباني/ هەر موسڵمانێك لەرۆژ یان شەوی جومعەدا بمرێت خوا لەتاقی کردنەوەی گۆڕ دەیپارێزێت}

(١٠) جا هەر کاتێك نوێژی جومعە تەواوبو، ئەوسا بۆ خۆتان بەسەر زەویدا بڵاوەی لێ بکەنو بەشوێن چاکەی خوادا بڕۆنو یادی خودا بەزۆری بکەن بەڵکو خوا لە سزای دنیاو دوارۆژ ڕزگارتان بکات. گەلێك فەرمودە لە بارەی گەورەیو ڕێزلێگرتنی ڕۆژی جومعەوە هاتوە لەوانە ئەمەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: {مَن تَوَضَّأَ يَومَ الجُمُعَةِ فَأَحسَنَ الوُضُوء ثُمَّ رَاحَ إِلَى الجُمُعَةِ فَاستَمَعَ وَأَنصَتَ غَفَرَ اللهُ لَهُ مَا بَينَ الجُمُعَةِ إِلَى الجُمُعَةِ وَزِيَادَةِ ثَلاثَةِ أيَّامٍ. وَمَن مَسَّ الحَصَى فَقَد لَغَا/مسلم/ هەر کەسێك ڕۆژی جومعە دەستنوێژێکی چاك بگرێت، پاشان بچێت بۆ جومعە جا گوێ لە ئیمام بگرێتو بێ دەنگ بێت خوا لە گوناهی نێوان ئەم جومعە بۆ جومعەی داهاتویو سێ ڕۆژ زیاتریش چاوپۆشی لێ دەکات. هەر کەسێك دەست لە بەرد بدات بۆ چاك کردنی جێگەی سەری ئەوە ئیشی بێ سودی کردوە}وەدەفەرموێ: {مَنْ تَرَكَ الْجُمُعَةَ ثَلَاثَ مِرَارٍ مِنْ غَيْرِ عُذْرٍ طَبَعَ اللَّهُ عَلَى قَلْبِهِ / أحمد، صححه الألباني/ هەرکەسێك سێ جومعە لەسەریەك بەبێ بەهانەیەکی شەرعی جومعە نەکات خوا دڵی مۆردەکات} بەداخەوە ئێمەی موسڵمان شتێك کە جێگای دڵخۆشیمانەو هێشتا وەکو دروشمێکی ئەم ئایینە پیرۆزە ماوەتەوە نوێژی جومعەو جەماعەتە ئەویشمان پڕکردوە لە بیدعەو زۆربەی سونەتەکانمان پشتگوێ خستوە، هاتو هاواری نوێژکەران لەکاتی دوعای ئیمامو هەنگاونان بەسەر یەکتردا بۆ ڕیزی پێشتر گوایە بۆ چاکەی زیاتر نازانن تاوانەکەی زیاترە لە چاکەکەی، وە دەیان شتی تر لێرەدا باسی بکەین شتەکەمان لێ درێژتر دەبێتەوە، ئەی موسڵمانان بگەڕێنەوە بۆ پەیڕەوکردنی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەوەی دەتوانن ئەنجامی بدەن و زیادەو تێهەڵکیش مەهێنن بۆ ئەم ئایینە، چونکە ئەوەی کەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ دین نەبووبێت هەتا قیامەت دین نیەو بەناو دینەوە تاوان دەکات نەچاکەو خێر (بیر بکەرەوە).

(١١) خۆ هەر کاتێك بازرگانیە یان گەمەیە دەبینن بۆی دەردەچنو تۆ بە پێوە بەجێ دەهێڵن بڵێ: ئەوەی لەلای خودایە لە پاداشتو ڕێز بۆتان باشترە تا ئەو بازرگانیەو خوا چاکترینی ڕۆزیدەرانە، لە بارەی دابەزینی ئەم ئایەتەوە ئیمامی بوخاری بۆی هێناوین لە جابیرە کە وتی: کاتێك کە ئێمە لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ نوێژمان دەکرد لەو کاتەدا قافڵەیەك وشتر کە باریان خۆراك بو هاتو خەڵکەکە دەرچونو پێغەمبەرﷺ خۆیو دوانزە کەس مانەوە، جا ئەم ئایەتە دابەزیو سەرکۆنەی ئەوانەی کرد کە پێغەمبەریان ﷺ بەجێ هێشتو بەرەو ئەو قافڵەیە ڕۆیشتنو پاشان گەڕانەوە. ئەوە جارێك ڕویدا بو ئەوان جا ئەوەیان لەسەر دابەزی ئەی چەند جار ئێمە گوێمان بە فرمانی ئەو نەداوەو بەرەو ئەملاو ئەولا ڕۆیشتینو هەندێکمان مردینو هەر نەگەڕانەوە، دەبێت چیمان پێ وترابێت چ سزایەکمان بۆ ئامادە کرابێت.(پەنابەخوا)

(٦٢) سورەتی موناڧقون (١١)

سورەتی موناڧقون کە سورەتی شەستو سێ هەمی قورئانە، کەبە کۆی دەنگ لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، یانزە ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی سەدو دووهەمەو پاش سورەتی (الحج) و پێش (المجادلة) دابەزیوە. لە سورەتی پێشودا باس لە هەڵسوکەتی باوەڕداران کرا وەلەم سورەتەش باس لە موناڧقەکەکان دەکات، جا پێغەمبەرﷺ ئەم دوو

سورەتەی واتە سورەتی "الجمعە" وە " المنافقون"ی لە نوێژی جومعەدا دەخوێند، تا هەم باوەڕدانی ئامۆژگاری کردبێتو هەم مونافقەکانیشی ترساندبێت، هەروەها وازهێنان لە نوێژی جومعە نیشانەی دڵانێکە کە مۆر کراون کە لەم سورەتەش دا باسیان هاتوە.

هۆی دابەزینی ئەم سورەتە ئەو قسە ناشیرینانەی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی بو کە قورئان خۆی بۆی تۆمار کردوین، ئەم پیاوە سەرۆکی مونافیقەکان بو، زەیدی کوڕی ئەرقەم کەئەم قسانەی لێ بیست بۆ پێغەمبەری ﷺ گێڕایەوەو پێغەمبەریش ﷺ بانگی کردو عەبدوڵا سوێندی خوارد کە قسەی وای نەکردوە، پێغەمبەر ﷺ لەبەر سوێندەکە باوەڕی بە عەبدوڵا کرد و زەیدی بە درۆزن زانی کە زەید بەمە زۆر ناڕەحەت بو، تا خوا ئەم سورەتەی ناردو ڕاستی زەید دەرکەوتو پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمو: {إِنَّ اللَّهَ قَدْ صَدَّقَكَ/ متفق عليه/ بێگومان خوای میهرەبان ڕاستگۆیی تۆو درۆزنی ئەوانی دەرخست} کە سیرەت نوسان قسە ناشیرینەکانی عەبدوڵایان باسکردوە کەروداوەکەش لەسەر دوو کەس بوە یەکێك لە کۆچەریان بەناوی جەهجاهی کوڕی ئوسەیدەو ئەوی تریان ئەنساریێکە بەناوی جوهەنیەوەو باسەکە بەناوبانگەولەکاتی تەفسیری ئایەتەکاندا ڕۆشنتر دەبێتەوە.

بەناوی اللّٰهی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) هەر کاتێك دووڕوەکان هاتنە لاتو وتیان: شایەتی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوایت ﷺ و خواش دەزانێت کە بێگومان تۆ پێغەمبەری ئەویتو خوا شایەتی دەدات کە بێگومان دووڕوەکان لەو دەرخستنی باوەڕەدا درۆ دەکەنو باوەڕیان نیەو تەنها بۆخۆپاراستن ئەوقسەیەدەکەن. لێرەش دەر دەکەوێت کە دان پێدا نانی دڵ مەرجی ڕاستبونی بیروباوەڕە ئەگینا ئەوان بەدەم وتیان(نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ)

(٢) ئەم سوێندانەی خۆیان کردوە بە سپێر تا بەو سوێندە خۆیان لەناو باوەڕدارانی بشارنەوە، ئەوسا لەناوخۆدا ڕێگا لە بڵاوبونەوەی ئایینی خوا بگرن، بێگومان ئەوان کرداری خراپو ناپەسەند دەکەن، زیانی ئەمانە بۆئایین لە هەمو خوانەناسەکانی تر پڕ مەترسیو خراپترە بۆیە خوا جێگای ئەوانەی لەلای خواروی دۆزەخ داناوە. ﴿بێگومان مونافقان لەپلەی هەر خواروی ئاگری دۆزەخدان﴾ نیساء/ سەدو چلوپێنج.

(٣) ئەوەش لەبەر ئەوەیە چونکە بێ شك ئەوان بە ئاشکرا باوەڕیان هێناوەو پاشان پاشگەزبونەوە (بەو قسەی کە وتیان: ئێمە خاوەن دەسەڵاتو بە هێزین، محمد ﷺ و یارەکانی بێ دەسەڵاتو ناتەواون کە لەپاشاندا ئەم قسەیان لێ ئاشکرا دەکات) جا دڵیان مۆرکرا ئەوسا ئیتر ئەوان هیچ نافامنو لە هیچ تێناگەن.

(٤) خۆ هەر کاتێك چاوت پێیان بکەوێت سەرت سووڕدەمێنێت لە لەشو لۆریانو سەرو سیمایانو ئەگەر قسەش بکەن گوێ دەگری لە قسەیان، چونکە قسەی قەڵەو وپڕ بەدەمو جوان دەکەن، یان کە قسەیان کرد تێدەگەیت کە چەند ڕواڵەت کوڵوفتو بەبەژنو باڵاو ناو خاڵین هەروەکو ئەوەی دارێکی بێ ریشك بن، پاڵ درابن بە دیوارێکدا، ئەمانە ئەوەندە ترسنۆکن (هەر لەبەر ترسنۆکیش بون بە دووڕو) هەر دەنگێك بێت وا دەزانن ئەوە دژی ئەوانە، ئەوانە دوژمنن سا خۆتیان لێ بپارێزە، خوا لەناویان ببات، چۆن ئاوەها لادراون لە ڕێگەی ڕاست. جا کاتێك خوا درۆزنی ئەو دووڕوانەی دەرخست، موسڵمانان پێیان وتن: بچن بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و داوای لێبوردنی لێ بکەن، بەڵکو ئەویش داوای لێخۆشبونتان بۆ بکات لە خوا، ئەوان گاڵتەیان بەوقسانە دەکرد.

(٥) جا هەر کاتێك پێیان بوترایە: وەرن تا پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێخۆشبونتان بۆ بکات لە خوا سەریان بادەداو دەتبینی کە خۆیان لەو قسە لادەداو فیزیان دەنواندو بەلایانەوە عەیب بو ئەوکارەبکەن، جا لەتۆڵەی ئەولوت بەرزیو قسە ناپەسەندانەیاندا اللّٰه لێیان تورەیەو دەفەرموێ:

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ ٱللَّهِ لَوَّوْا رُءُوسَهُمْ
وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ﴿٥﴾ سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ
أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ إِنَّ
ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٦﴾ هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ
لَا تُنفِقُوا عَلَىٰ مَنْ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ حَتَّىٰ يَنفَضُّوا وَلِلَّهِ
خَزَآئِنُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ
﴿٧﴾ يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَآ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ
مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ
ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا لَا تُلْهِكُمْ
أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَمَن يَفْعَلْ
ذَٰلِكَ فَأُولَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٩﴾ وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَٰكُم
مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَآ أَخَّرْتَنِىٓ
إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠﴾ وَلَن
يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَا وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١١﴾

٦٤ سُورَةُ التَّغَابُنِ ١٨

(٦) بۆ ئەوان یەکسانە چ داوای لێخۆشبونیان بۆ بکەیت یان داوای لێخۆشبونیان بۆ نەکەیت، هەرگیز خودا لێیان خۆش نابێت.

(٧) چونکە هەر ئەوان بون کە بە خەڵکی مەدینەیان دەوت ئێوە ئیتر شت مەدەن بەو کەسانەی کە لەلای پێغەمبەری خوادان ﷺ، تا ئەوانیش ڕابکەن‌و دەوری پێغەمبەر ﷺ چۆڵ بکەن، خواش دەفەرموێ: گەنجینەکانی ئاسمانان‌و زەوی هەر بە دەست خودایەو ئەو ڕۆزی کۆچەرییەکان دەدات نەك خەڵکی مەدینە بەڵام دووڕوەکان لە هیچ تێناگەن. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {خَصْلَتَانِ لاَ يجْتَمِعَانِ فِي مُنَافِقٍ حُسْنُ سَمْتٍ وَلاَ فِقْهٌ فِي الْدِينِ/الجامع الصغير، صححه الألباني/ دوو سیفەت هەیە کەلە موونافقدا کۆ نابنەوە سەروسیمای جوان‌و شارەزابون لەئایین} ئەگەر لایەکیانی تێدابێت ئەوی تریانی تێدا نیە.

(٨) کەئەوان دەڵێن: ئەگەر گەڕاینەوە مەدینە بە خوا بەهێزەکان (کە مەبەست خۆیان بو) لاوازەکان (کەمەبەستیان پێغەمبەر ﷺ و یارەکانی بو) لەو شارەدا دەردەکات، خواش دەفەرموێ: دەسەڵاتی بێ چەندو چۆن تەنها هی خودایەو بەهۆی ئەویشەوە هی پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ و لەڕێگەی ئەویشەوە هی باوەڕدارانە بەڵام دووڕوەکان هیچ نازانن. وەك لەسەرەتای سورەتەکەوە هێمامان کردە لای، دەڵێن: کاتێك پێغەمبەر ﷺ ئاگادار بویەوە کە جولەکەکانی "بني المصطلق" خۆیان ئامادەکردوە بۆ هێرش کردنە سەر موسڵمانان، جا پێغەمبەر ﷺ دەست پێشخەری کردو هێرشی کردە سەر ئەوان‌و شەڕەکە لە ناوچەیەك کە بە " مورەیسیع " ناودەبرا رویداو جولەکەکان شکستیان خوارد، جا لەو غەزایەدا لە نێوان یەکێك لەموهاجیرەکان‌و یەکێك لە ئەنصاریەکان ناکۆکی‌و دەمەقاڵەیەك دروست بو، جا هەر کامیان هاواریان کردو ئەنصاریەکە هاواری کرد ئەی گەلی ئەنصار یارمەتیم بدەن، موهاجیرەکەیش هاواری لە موهاجیرەکان کرد ئەی موهاجرین یارمەتیم بدەن،جا پێغەمبەر ﷺ کەئەمەی بیست دڵی نارەحەت بوو فەرموی:{دَعُوهَا فَإِنَّهَا مُنْتِنَةٌ/ واز بهێنن لەم جۆرە هاوارکردنانە کە بەراستی ئەو جۆرە هاوارو بانگ کردنە بۆگەنە} بەڵام عەبدەڵاهی کوڕی ئوبەی کە سەرکردەی موونافقان بو، کە لەم روداوە ئاگادار بویەوە بەهەڵی زانی بۆ ڕژاندنی ژاری ناودەرونی‌و وتی: کاری ئەو کۆچکەرانە گەیشتوە بەجێگایەك کە ئاوا دەکەن بەئێوە با بگەڕێینەوە بۆ مەدینە سوێند بێت ئەوانەی کە بەهێزو گەورەن دەبێ زەلیل‌و داماوەکان لە مەدینەدا دەربکەن، لە راستیشدا هەر خەتای خۆتان بو ئاوا ئەوانتان لەوڵاتی خۆتاندا جێداو لە ماڵی خۆتان بە ئەوانتان بەخشی وتی: ئەوەی کەروی داوە وەك ئەو قسەیە کەدەڵێن:"سەگەکەت قەڵەوبکە دەتخوات" جا لەمەولا ئیتر هیچیان پێمەدەن، ئەگەر واتان کرد بەدڵنیاییەوە وازمان لێدەهێنن‌و دەڕۆن بۆ شوێنێکی تر، زەیدی کوڕی ئەرقەم ئەو قسانەی گێڕاوە بۆ پێغەمبەر ﷺ،

جا عومەری کوڕی خەتاب وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێم پێبدە کە لەملی ئەومونافقە بدەم، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {دَعْهُ لَا يَتَحَدَّثُ النَّاسُ أَنَّ مُحَمَّدًا يَقْتُلُ أَصْحَابَهُ/ متفق عليه/ وازی لێ بهێنە نامەوێ خەڵك بڵێن كە محمد یارەکانی خۆی دەکوژێت} ئینجا پێغەمبەر ﷺ بانگی عەبدوڵای کردو لەو بارەوە پرسیاری لێکردونەویش سوێندی خوارد کە شتی وای نەوتوە، پاشان خوای گەورە ئەم ئایەتانەی ناردەخوارەوەو ڕاستی زەیدی سەلماندنو ئابڕوی دوروەکانی برد. ئینجا خوا بانگی باوەڕداران دەکات کە با بەخۆیاندا بچنەوەو هەوڵی یارمەتیدانی یەکتر بدەن، با لە منەتی دووڕوەکان دەربچنو دەفەرموێ:

(٩) ئەی باوەڕداران با نە سەروەتو سامانتانو نە فەرزەندانتان لە یادی خوا کە جیهادو غەزا بەشێکی گەورەن لەویادەی الله ﷻ بێ ئاگاتان نەکەن، چونکە هەر کەسێك وای لێبێت کە سەروەتو سامان یان فەرزەندانی لە غەزاو یادی خوا بێ ئاگای بکات، ئەوسا ئەوانە هەر خۆیانن دۆڕاوو ڕەنجەڕۆن،

(١٠) دەی لەو ماڵەی کە پێم بەخشیون ئێوەش ببەخشن بۆ بەرزکردنەوەی ئاینی خودا پێش ئەوەی مردن یەختان بگرێت، جا ئەوسا دەڵێیت: پەروەردگارم ئای کەمێك ماوەت پێ بدامایە، جا ئەو کاتە چاکە دەکەمو دەبم بە یەکێك لە پیاوچاکان، پاش چی؟ تازە ناگەڕێیتەوەو ئەوەی کۆتکردەوە خەڵکی تر بۆت دەخۆنو حیسابیشی لەسەر تۆیە، ئەی قوڕت بەسەر بۆ بیر لە خۆتو پاشەڕۆژت ناکەیتەوە تا مردن یەخەی نەگرتویت، بەراستی ئەم قورئانە هەتا زەمانی زیاتری بەسەردا بڕوات تازەتر دەبێتەوە، ئەم ئایەتانە ئەڵێیت بۆ چارەسەری گرفتارییەکانی ئەم سەردەمەی موسڵمانانانە کە بە هۆی ناوە دەستکردەکانەوە پارچە پارچە بوونو هیچ کەس بەربەی ئەوی تر ناپێوێتو لەبەر قورسی شەقوشەڕی دنیاییو کۆ کردنەوەی پارەی حەرام وەك ئاغاکانی کۆن هەرفێڵزانولێزان بۆ ژیانی دنیا کۆمەڵێ خەڵکی بۆخۆی بەناوی جۆراوجۆرەوە پێك هێناوەوخواو قیامەتو ویژدانی وەلا ناوەونابێ کەسیش پێیان بڵێت لەسەر چاوتانەوە بڕۆیە؟! کام ناو لەوناوانەی جەنابتان لەوشەی مهاجرو ئەنصار پیرۆزترە کەمادام بۆنی دووبەرەکی لێ هات پێغەمبەرمان فەرموی: {دَعُوهَا فَإِنَّهَا مُنْتِنَةٌ/ متفق عليه/ واز بهێنن لەم جۆرە هاوارکردنانە کە بەراستی بۆگەنن}

دەبیر بکەنەوەو لەخوا بترسنو کەم خەڵکی موسڵمانی فەقیر بەناوی دینەوە بۆخزمەتی خۆتان بەناوی جواراوجۆرەوە فریو بدەن بۆ دنیا، دنیا بۆ کەس تاسەر نیەو کورسی بۆ کەس نامێنێ.

(١١) خۆ هەرکەسێك کە کاتی مردنی هات هەرگیز خودا ماوەی ژیانی پێ نادات و خوا زۆر بەئاگایە لەوەی کە ئێوە دەیکەنو هەر کەسێك بەگوێرەی کرداری خۆی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکاتو ستەم لە کەس ناکات.

(٦٤) سورەتی تەغابون (١٨)

سورەتی تەغابون کە سورەتی شەستو چوارەمی قورئانە، زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کە لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، هەژدە ئایەتە، یەکێکە لە سورەتەکانی " الْمُسبِّحات". ئەم سورەتە تەنها بە سورەتی " التغابن" دەناسریتو ئەم وشەیەش تەنها لەم سورەتەدا هاتو، وتراوە بەگوێرەی دابەزینی سەدەمین سورەتەو لە پاش سورەتی جومەعەو پێش سورەتی صەف دابەزیوە، لە ئاخرین ئایەتەکانی سورەتی پێشو کە سورەتی " المنافقون" بو باس لەوانە کرا کە دەستیان لە ڕێی خودا نەبوەو زەکاتی ماڵیان نەداوە تا ئەوکاتەی کە مردن یەخەیان پێدەگرێت، ئینجا پەشیمانی رویان تێدەکاتو دەزانن توشی چ ڕەنجەڕۆیو زیانێك بوون، جا ئەم سورەتەش کە ناوی " التغابن" ـە کە واتە زیانو هەڵشکان، باس لە ڕەنجەڕۆی مرۆڤ دەکات لە دوارۆژدا کە چۆن ئەو ماوەی کە پەروەردگار پێیدا بون لە ژیانی دنیا بە باشی بەکاریان نەهێناوە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ۖ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ ۖ
وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (١) هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنْكُمْ كَافِرٌ
وَمِنْكُمْ مُؤْمِنٌ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٢) خَلَقَ السَّمَاوَاتِ
وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ ۖ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ (٣)
يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ ۚ وَاللَّهُ
عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (٤) أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ قَبْلُ
فَذَاقُوا وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٥) ذَٰلِكَ بِأَنَّهُ كَانَتْ تَأْتِيهِمْ
رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالُوا أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا فَكَفَرُوا وَتَوَلَّوْا ۚ وَاسْتَغْنَى
اللَّهُ ۚ وَاللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ (٦) زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنْ لَنْ يُبْعَثُوا ۚ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي
لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ ۚ وَذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ (٧) فَآمِنُوا بِاللَّهِ
وَرَسُولِهِ وَالنُّورِ الَّذِي أَنْزَلْنَا ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (٨) يَوْمَ
يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ۖ ذَٰلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ ۗ وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ
صَالِحًا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا
الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ۚ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (٩)

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەوەی کە لەناو ئاسمانەکانەو لەناو زەویدایە هەر هەموی پاکیو بێ عەیبی خوا دەڵێنو هەر ئەو خاوەنی هەمو شتێکە لە خودی خۆیداو نیازی بە کەس نیەو هەر بۆ ئەوە سوپاسی بێ پایانو هەر خۆیەتی توانای بەسەر هەمو شتێکدا هەیەو هیچ شتێك ناتوانێت لەژێر دەسەڵاتیدا دەربچێت.

(٢) خۆی ئەو زاتەیە کە ئێوەی دروستکردوە، جا هەندێکتان خوانەناسو هەندێکی ترتان باوەڕدارو خوا بینەری ئەو شتانەیە کە ئێوە دەیکەن. واتە پەروەردگار مرۆڤەکانی لە دوو بەش دروستکردوەو سەرەنجامیشیان لە دوو جیگا دەرناچێت یان بەهەشتی یان دۆزەخی، گرنگیش ئەوەیە کە لە سەرکامیان ئەم دنیایەی بەجێهێشتبێتو وەفاتی کردبێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ الرَّجُلَ لَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ الْجَنَّةِ فِيمَا يَبْدُو لِلنَّاسِ وَهُوَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ النَّارِ فِيمَا يَبْدُو لِلنَّاسِ وَهُوَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ/ متفق عليه/ پیاوی وا هەیە کە کردار ئەنجام دەدات کەوا دەر دەکەوێت لەناو خەڵكدا کە کرداری خەڵکی بەهەشتیە، کەچی ئەو ئەهلی دۆزەخە،وە پیاوی واش هەیە کە کردار ئەنجام دەدات کەوا دەر دەکەوێت لەناو خەڵكدا کە کرداری خەڵکی دۆزەخییە، کەچی ئەو ئەهلی بەهەشتە} واتە ئەوە گرنگە کە مرۆڤ لەسەری دەمرێت.

(٣) کە ئاسمانان و زەوی بۆ مەبەستێکی ڕاست دروست کردوەو بێهودەو بێ کەڵك نیەو وێنەی کێشاون، جا سەرو سیمایەکی جوانی پێداونو سەرئەنجامیش گەڕانەوە هەر بۆ لای ئەوە بۆ وەرگرتنەوەی پاداشتو سزای کردارەکانتان.

(٤) ئەو دەزانێت بەو شتەی کە لەناو ئاسمانانو زەویدایەو دەزانێت چ دەشارنەوەو چ ئاشکرا دەکەن (پەنهانوئاشکرا لەلای خودا وەکو یەك وان)و خودایش زۆر زانایە بەوەی کە لەناو دڵەکاندایەو هیچی لێ حەشار نادرێت.جا خوای گەورە باسی سەرکەشیو سەرئەنجامی گەلانی پێشومان بۆ دەکات تا ئێمەش پەندی لێ وەربگرینو دەفەرموێ:

(٥) ئایا پێتان نەگەیشتوە دەنگوباسی ئەو کەسانەی کە خوانەناس بوون لەپێش ئێوەدا ؟ جا سزای کارەکانی خۆیانیان چەشتو بۆ ئەوان سزای بەژان هەیە، ئەمەش ناحەقیان پێ نەکراوە، کرداری خۆیان یەخەی گرتون.وەك دەفەرموێ:

(٦) ئەوە لەبەرئەوە بو کە بێگومان ئەوان پێغەمبەرانیان بە نیشانە گەلی ڕونەوە بۆ هات، جا ئەوان وتیان: مرۆڤ ڕێنمایی ئێمە دەکات! چۆن شتی وا دەبێت؟! جا ئیتربێ باوەڕ بوونو پشتیان لە ئایین کردو خوایش بێ نیازە لەوانو خوا دەوڵەمەندو سوپاسکراوە،

(٧) خوانەناسان وا گومان دەکەن کە هەرگیز زیندوبونەوەیان نیە، بڵێ: نەخێر وانیەو گومانەکانتان راست نیە بە پەروەردگارم قەسەم زیندو دەکرێنەوە، پاشان هەواڵتان پێ دەدرێت کە چیتان کردوەو ئەوەش لەلای اللّٰه کارێکی ئاسانە، ئەمە ئایەتی سێهەمە کە خوا فرمان دەدات بەسەر پێغەمبەردا ﷺ کە سوێند بخوات کە زیندوبونەوە هەیە. ئایەتی یەکەم: لە سورەتی (یونس:٥٣) دابو کە فەرموی:﴿ لێت دەپرسن ئایا ئەو هەواڵی زیندو

وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ
ٱلنَّارِ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٠﴾ مَآ أَصَابَ مِن
مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ
شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١١﴾ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ ۚ فَإِن
تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٢﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ
إِلَّا هُوَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا
لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ ۚ وَإِن تَعْفُوا۟ وَتَصْفَحُوا۟ وَتَغْفِرُوا۟
فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤﴾ إِنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ
فِتْنَةٌ ۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٥﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ
وَٱسْمَعُوا۟ وَأَطِيعُوا۟ وَأَنفِقُوا۟ خَيْرًا لِّأَنفُسِكُمْ ۗ وَمَن
يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٦﴾ إِن تُقْرِضُوا۟
ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَٰعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ شَكُورٌ
حَلِيمٌ ﴿١٧﴾ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٨﴾

٦٥ سُورَةُ الطَّلَاقِ ١٢

کردنەوەراستە بڵێ: ئەرێ بەخوا، سوێندبە پەروەردگارم هیچ گومانی تێدا نیە ئەوەراستی راستە﴾ ئایەتی دووهەم لە سورەتی (سبأ:٣)دابوو کە فەرموی:﴿ وەبێ باوەڕان وتیان: قیامەت نایەت بڵێ: وانیە کەئێوە دەڵێن سوێند بە پەروەردگارم زانای نهێنیەکان، بەدڵنیاییەوە قیامەت پێتان دەگات﴾.

(٨) دەی جا باوەڕ بهێنن بە خواوبە پێغەمبەرەکەی ﷺ و بەئەو ڕوناکیەی (کە قورئانە) کە ناردومانە بۆتان‌و خوا زۆر بەئاگایە بەو کارانەی کە ئێوە دەیکەن.

(٩) باس بکە ئەو ڕۆژەی کە هەموتان کۆدەکاتەوە بۆ ڕۆژی کۆبونەوە کە ڕۆژی قیامەتە، کە ئەوە ڕۆژی هەڵشکان‌و پەشیمان بونەوەی مرۆڤەکانە.(ئەو ڕۆژەی باوەڕداران جێگاو هاوسەرانی خوانەناسان لە بەهەشتدا دەبەن، واتە: هەمو پیاوێك لە بەهەشتدا جێگاو هاوسەری هەیە جا ئەگەر باوەڕی هێنا ئەوە دەدرێت بەخۆی، ئەگینا دەدرێت بە باوەڕدارێك لە بەهەشتدا، ئەویش ئاگری دۆزەخ‌و کێم‌و زوخاوی داخی دۆزەخیان نۆش دەکات، جا بەراستی کام پەشیمانی‌و زیان هەیە لەمە گەرەتر؟) خۆ هەر کەسێك باوەڕی بە خوا هێنابێت‌و کرداری چاکی کردبێت خوا خراپەکانی لێ ڕەش دەکاتەوەو دەیخاتە ناو باخچەیانێکەوە کە چەندین جۆگە بەناویدا دەڕوات کەبۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە، ئەوەیە سەرکەوتن‌و بەختەوەری گەورە.

(١٠) جا ئەو کەسانەی کە بێ باوەڕبوون‌و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دادەنا، ئەوانە یارانی ئاگرن کەبۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوەو خراپترین سەرئەنجامە ئەو ئاگرە بۆیان.

(١١) هیچ کەسێك هیچ بەڵایەکی بەسەردا نایەت، تەنها مەگەرخوا ڕێگای پێبدات‌و هەر کەسێکیش باوەڕ بە خوا بکات خواش دڵی ئەو ڕێنمایی دەکات بۆ ڕێگای ڕاست‌و سەرئەنجامیش خۆشبەختیە، ئەوسا خوا زانیاری بە هەمو شت هەیەو هەمو شت دەزانێت، هیچ شت ڕونادات مەگەر ئەوەی کە لە عیلمی ﷲ دا تێپەڕیبێت‌و ئیزنی لەسەری هەبوبێت، جا ئەو کەسەی کە ئاوا باوەڕێکی بە پەروەردگاری خۆی هەبێت‌و بەقەزاو قەدەری رازی بێت ئەوا پەروەردگاریش دڵی فرەوان دەکات‌و چاکەی بۆ دەڕەخسێنێت.

(١٢) جا پەیڕەوی فرمانی خودا بکەن‌و پەیڕەوی فرمانی ئەو پێغەمبەرەی ﷺ ئەو بکەن‌و لە قسەی لانەدەن، ئەوسا ئەگەر پشتتان تێکردو لێی دور کەوتنەوە هەر خۆتان زیان دەکەن، چونکە پێغەمبەرەکەمان ﷺ هەر گەیاندنی ڕون‌و ئاشکرای لەسەرەو خەڵك بە قسەی بکات یان نەیکات ئەو پەیامی خۆی گەیاندوەو بەرپرسێتی لەسەر نەماوە.

(١٣) ﷲ جگە لەخۆی هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەی تر نیەو با باوەڕداران هەر تەنها بە خوا پشت ببەستن‌و ڕوو تەنها لەو بکەن چونکە هەرخۆیەتی پشت‌و پەنای باوەڕداران.

(١٤) ئەی ئەوانەی کە باوەڕدارن هەندێك لە هاوسەرەکانتان‌و هەندێك لەفەرزەندانتان دوژمنی ئێوەن‌و ڕێگای جیهادو ماڵ بەخشینتان لێ دەگرن (هاوسەری پیاو بێت یان ئافرەت هەردووك بۆ یەکتر هەندێکیان ئاوەهادەبن‌و ئایەتەکە هەردووك دەگرێتەوە، والله أعلم) سا

ئێوە وریابن‌و ئەو هاوسەرو فەرزەندانە فریوتان نەدەن‌و ئەگەر چاوپۆشیان لێ بکەن‌و تۆڵەیان لێ وەرنەگرن‌و بیانبەخشن خودا خۆی ئەمەی پێ خۆشە، ئەوسا بێگومان کە ﷲ خۆیشی زۆر لێبوردەو میهرەبانە سەبارەت بە بەندەکانی‌و ئەو وەسفەشی پێ خۆشە لەناو باوەڕداراندا هەبێت، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: {مَنْ لَا يَرْحَمْ لَا يُرْحَمْ/البخاري/ ئەوکەسەی کە ڕەحمی نەبێ ڕەحمی پێناکرێت}

(١٥) سامانتان‌و منداڵتان تاقیکەرەوەی ئێوەن (تا دەربکەوێت بۆ هەمو کەس کە ئایا خوداو جیهادو ماڵ بەخشین‌و بەجێهێشتنی منداڵان لەلای ئەو کابرایە گرنگە یان پشتگوێ خستنی فرمانی خواو جیهادو دەستگرتنەوە لە ماڵ بەخشین‌و هەڵگرتنی بۆ منداڵانی؟!) خودا داوا لە باوەڕداران دەکات کە دوژمنانی نزیکی خۆیان‌و تاقیکەرەوەی ناو ماڵی خۆیان بناسن‌و فریویان نەخۆن‌و بە چاکیش لەگەڵ ئەواندا بجوڵێنەوە نەك بە شەڕو قەپوقاڵی هەمیشەیی ناوماڵ‌و منداڵ‌و دەفەرموێت: هەر لای ﷲ خۆیەتی پاداشتی گەورە،

پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ الْوَلَدَ مَبْخَلَةٌ مَجْبَنَةٌ مَجهَلَةٌ مَحزَنَةٌ/ احمد، صححه الألباني/ بەبێگومان کە منداڵ هۆی ڕژدی‌و ترسان‌ونەزانی‌و خەمبارییە}

(١٦) جا لەخوا بترسن‌و بەندایەتی ئەو بکەن بە ئەندازەی توانای خۆتان‌و گوێ بگرن بۆ بیستنی فرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ و پەیرەوی بکەن‌و ماڵ ببەخشن ئەمە چاکە بۆ خۆتان، هەر کەسێکیش خۆی لە ڕژدی بپارێزێت ئەوسا ئەوانە هەر خۆیانن ڕزگار. پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ: {فَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَإِذَا نَهَيْتُكُمْ عَنْ شَيْءٍ فَدَعُوهُ/ متفق عليه/ هەرکاتێ فرمانم پێ دان بۆئەنجامدانی شتێك ئەوسا بەو ئەندازەی کە دەتوانن لێی ئەنجام بدەن‌و هەر کاتێ بەرگریم کردن لە شتێك ئەوسا بە تەواوی وازی لێ بهێنن}

هەروەها دەفەرموێ: {لَا يَجْتَمِعَانِ فِي قَلْبِ عَبْدٍ الْإِيمَانُ وَالشُّحُّ / النسائي، صححه الألباني/ لەدڵی هیچ بەندەیەکدا ئیمان‌و ڕژدی کۆ نابێتەوە}.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا۟
ٱلْعِدَّةَ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ رَبَّكُمْ ۖ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنۢ بُيُوتِهِنَّ
وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ۚ وَتِلْكَ حُدُودُ
ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ ۚ لَا تَدْرِى لَعَلَّ
ٱللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا ﴿١﴾ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ
بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا۟ ذَوَىْ عَدْلٍ مِّنكُمْ
وَأَقِيمُوا۟ ٱلشَّهَٰدَةَ لِلَّهِ ۚ ذَٰلِكُمْ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ يُؤْمِنُ
بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ وَيَرْزُقْهُ
مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ۚ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ
بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ۚ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ﴿٣﴾ وَٱلَّٰٓـِٔى يَئِسْنَ
مِنَ ٱلْمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمْ إِنِ ٱرْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَٰثَةُ أَشْهُرٍ
وَٱلَّٰٓـِٔى لَمْ يَحِضْنَ ۚ وَأُو۟لَٰتُ ٱلْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ۚ
وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مِنْ أَمْرِهِۦ يُسْرًا ﴿٤﴾ ذَٰلِكَ أَمْرُ ٱللَّهِ أَنزَلَهُۥٓ
إِلَيْكُمْ ۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُعْظِمْ لَهُۥٓ أَجْرًا ﴿٥﴾

(١٧) ئەگەر ئێوە قەرزی جوان بە خودا بدەن، ئەو چەند بەرانبەری دەکاتەوە بۆتان لە پاداشتداو لێتان خۆش دەبێت‌و خوا شایانی سوپاسی سوپاس بۆ کردنە‌و ئەویش سوپاسی کەسی لەلا ون نابێت‌و بە حەوسەڵەیەو زوو تۆڵەی تاوانەکان وەرناگرێت، بەڵکو بەندەکانی بیربکەنەوەو لەو تاوانانە پەشیمان ببنەوە.

مەبەست لەقەرزدان بەخوا چاکە کردنە لەگەڵ بەندەکانی خوادا، ئەگینا خوا نیازی بە سەروەت‌وسامانی ئێمە نیە بەڵکو هەرچی سەروەت‌و سامان هەیە موڵکی خۆیەتی‌و بەئەمانەت دەیدات بە بەندەکانی.

(١٨) ئەوزاتە زانەری پەنامەکی‌و ئاشکرایە وەك یەك، کە هەر خۆیەتی دەسەڵاتداری ڕەهاو هەموکارەکانی ڕێك‌و پێك‌و دانایانەیەو هەموی لە جێگای خۆیدایەو لادان لەهەرگۆشەیەکی شاکارەکانی لەناوبردن‌و ڕوخانی ژیانی مرۆڤایەتیە کە هەرەس هێنانی جیهانی ئەمرۆڕۆشنترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستی قسەکانمان و دان نەنانە بەزانایی‌و ئاگایی‌و دانایی ﷲ ﷻ دا جا ئیتر چۆن لاق باوەڕداری بەخوا لێدەدەیت؟

(٦٥) سورەتی تەڵاق (١٢)

سورەتی تەڵاق کە سورەتی شەستو پێنجەمی قورئانە لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوەو دوانزە ئایەتە، لە ئیبنو مەسعودەوە هاتوە کە ئەم سورەتەی بە " النِّسَاءُ الْقُصْرَى " ی ناوبردوە، وتراوە ئەوەدوشەش هەمین سورەتە بەگوێرەی دابەزینو پاش سورەتی "الإنسان" و پیش سورەتی " البينة " دابەزیوە، لە سورەتی پێشودا باسی ئەوەی کرد کە هەندێ لە ژنانتانو منداڵانتان دوژمنی ئێوەن جا هەر لەوێدا داوای کرد کە ئەگەر بیانبەخشن ئەوە چاکترە بەڵام ئەگەر وا نەکراو کار بە تەڵاقدانی کێشا ئاگاداربن کەلەو کاتەدا ئەو دژمنایەتیە واتان لێ نەکات کە حەقو دادپەروەریتان لەبیر بچێتەوە بەڵکو دەبێ ئەو ئەحکامانەی کە لەم سورەتەدا هاتون جێبەجێیان بکەن.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) لێرە ڕوی قسە لە پێغەمبەرە ﷺ و مەبەستی ئومەتەکەیەتی، ئەی پێغەمبەر هەر کاتێك ئافرەتانتان تەڵاقدا با لە عیدەی خۆیاندا تەڵاقیان بدەن، جا عیدە بزانن‌و حیسابی بکەن‌و لەو خوایە بترسن کە پەروەردگارتانە، جائەو ئافرەتەی کە لە عیدەدان لە ماڵەکەی خۆیان دەریان نەکەن‌و ئەوانیش بۆ خۆیان دەرنەچن مەگەر ئەو ئافرەتە کاری داوێن پیسی یان ئێش‌و ئازار بۆ مێرد یان کەس‌وکاری مێردی دروست بکات ئەوانە دەردەکرێن چونکە ئەوخۆی بەوهەڵسو کەوتە ناڕێکەی مافی مێردی کۆنی پێشێل کردوەو مەعقول نیە ئیترمێردی کۆنی هەر یارمەتی بدات، ئەوە سنوری خودایەو هەر کەسێك لەو سنورەی خودا تێ بپەڕێت ئەوسا ئەوە ستەمی لە خۆی کردوە، تۆ نازانی بەڵکو خودا پاش ئەو تەڵاقدانە سەرەتاییە شتێکی تازە بهێنێتە ڕوو کە هەردووکیان پەشیمان ببنەوەو بتوانن بەیەکەوە ئەو ژن‌و مێردە ژیان ببەنە سەر. لەم ئایەتەدا ئەم حوکامانە باسکران: ئافرەت ئەگەر تەڵاق درا با لە عیدەی خۆیدا تەڵاق بدرێن واتە ئەگەر ئەو ئافرەتە منداڵ یان ئافرەتێك بێت کە عادەی نەبو یان نەیمابو یان هێشتا کابرا پاش مارەبڕین بەتەنهایی لەگەڵیدادانەنیشتبێت ئەو ئافرەتە کە تەڵاق دەدرێت یان سکی هەبێتو دیار بێت یان لە پاکیدا بێتو جیماعی لەگەڵدا نەکردبێت ئەگینا ئەوە عیدەی خۆی نیەو بیدعەیەو ئەو سێ تاقمەی پێشو (ئافرەتی منداڵ یان نائومێد لە عیدە یان نەگوازراوە) هەر کاتێك تەڵاق بدرێن نە بە سوننەو نە بە بیدعە ناو نابرێن، نافیع دەڵێت:{أَنَّ ابْنَ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا طَلَّقَ امْرَأَةً لَهُ وَهِيَ حَائِضٌ تَطْلِيقَةً وَاحِدَةً فَأَمَرَهُ رَسُولُ اللَّهِ ﷺأَنْ يُرَاجِعَهَا ثُمَّ يُمْسِكَهَا حَتَّى تَطْهُرَ ثُمَّ تَحِيضَ عِنْدَهُ حَيْضَةً أُخْرَى ثُمَّ يُمْهِلَهَا حَتَّى تَطْهُرَ مِنْ حَيْضِهَا فَإِنْ أَرَادَ أَنْ يُطَلِّقَهَا فَلْيُطَلِّقْهَا حِينَ تَطْهُرُ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُجَامِعَهَا فَتِلْكَ الْعِدَّةُ الَّتِي أَمَرَ اللَّهُ أَنْ تُطَلَّقَ لَهَا النِّسَاءُ / مسلم وغيره/ عەبدوڵای کوڕی عومەر خێزانەکەی یەك تەڵاق دا لەحاڵێکدا لە عادەی ئافرەتانەدا بو جا پێغەمبەر ﷺ فرمانی پێ کرد کەبیهێنێتەوە لەپاشان رایگرێت تا پاك دەبێتەوە پاشان جارێکی تر دەکەوێتە عوزرەوە لەپاشان ماوەی پێبدات تا لەو عوزرەی پاك دەبێتەوە ئەوسا ئەگەر ویستی تەڵاقی بدات باتەڵاقی بدات لەوپاکییەدا پێش ئەوەی کە جیماعی لەگەڵدا بکات جا ئەوەیە ئەوعیدەیە کەخوا فەرمانیی داوەکەژنی تێدا تەڵاق بدرێت} وە لە ریوایەتێکی تردا بەم شێوەیە هاتوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموی:{فَلْيُرَاجِعْهَا ثُمَّ لِيُطَلِّقْهَا طَاهِرًا أَوْ حَامِلًا/مسلم وغيره/ جابابیهێنێتەوە پاشان تەڵاقی بدات کەپاك بێت یان بارداربێت} تەڵاقی بدعی بەلای زۆربەی زانایانەوە دەکەوێت ئەگەرچی تەڵاقدانەکەی بەشێوەیەکی شەرعی نەبوە، ئیمەش ئەم رەئیە بە راست دەزانین چونکە هەرکەس بەم شێوەیە خێزانی خۆی تەڵاق بدابایەو لەو بارەوە پرسیاری لە عەبدوڵای کوڕی عومەر بکردایە پێی دەوت:{أَمَّا أَنْتَ طَلَّقْتَ امْرَأَتَكَ مَرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺأَمَرَنِي بِهَذَا وَإِنْ كُنْتَ طَلَّقْتَهَا ثَلَاثًا فَقَدْ حَرُمَتْ عَلَيْكَ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَكَ وَعَصَيْتَ اللَّهَ فِيمَا أَمَرَكَ مِنْ طَلَاقِ امْرَأَتِكَ / مسلم وغيره/ جا ئەگەر تۆ یەك یان دوو تەڵاقی خێزانەکەتداوە ئەوە پێغەمبەر ﷺ بەمە فرمانی پێکردم (کە لە فەرمودەکەی پێشودا باسکرا)بەڵام ئەگەر سێ تەڵاقەیە ئەوە ئەو ئافرەتەت لێ حەرام بوە تاکو نەبێت بە خیزانی کەسێکی تر وئەویش تەڵاقی بدات وعیدەیشی

بڕوات، جا توشی تاوانیش بویت لە سەر سەرپێچی ئەوەی کە ﷲ فرمانی پێدایت لە تەلاقی خێزانەکەت} وە حیکمەت لەوەی کە ئافرەت بە شێوەی بیدەعی تەلاق نەدرێت بۆئەوەیە کە ئافرەتی تەلاقدراو ماوەیەکی زۆرتر لەوەی کە شەرع بۆی داناوە راگیر نەکرێتو بارداربون یان باردار نەبونی ئەو ئافرەتە دەرکەوێتوشایەت لەو ماوەیشدا هەردووکیان پەشیمان ببنەوە جا بۆیە فرماندراوە ئەوەی کە بە شێوەی بیدەعی ئافرەتەکەی تەلاقداوە بەمەرجێك تەلاقی سێهەم نەبێت با بیگەڕێنێتەوە، هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ راگرتنی ئافرەتەکەی پێش تەلاقدانی دەخاتو دەفەرموێ: {ثُمَّ إِنْ شَاءَ أَمْسَكَ بَعْدُ وَإِنْ شَاءَ طَلَّقَ قَبْلَ أَنْ يَمَسَّ / البخاري/ پاشان ئەگەر ئارەزۆی لێ بوبائیتربیگرێتەوە لەلای خۆی، خۆ ئەگەر ویستیشی پێش ئەوەی کەبچێتە لای باتەلاقی بدات} ئایەتی دواتریش هەربەم شێوەیە، یەکێکی تر لەو حوکمانەی تەلاق کە لەناوی زانایاندا ناکۆکی لەسەرە تەلاقی سیانە بەیەك جار وەك ئەوەی بەخێزانەکەی بڵێت: ئەوا سێ تەلاقەم دایت، هەندێ لە زانایان پێیان وایە کە ئەم پیاوە هەر سێ تەلاقەکەی کەوتوەو ناتوانێت بیگەڕێنێتەوە مەگەر پاش ئەوەی کە بەنیکاحی شەرعی پیاوێکی تر دەرهاتبێتو پاشان تەلاق درابێت بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە کە ئەمەش حیسابی یەك تەلاقی بۆدەکرێت جا ئەگەر لەپێشدا هیچ تەلاقی نەکەوتبێت ئەوا بەیەکەم تەلاق حیساب دەکرێت پیاوەکە لەم شێوەدا دەتوانێت خێزانی بهێنێتەوە،

ئیبنوعەباس دەڵێت:{طَلَّقَ رُكَانَةُ بْنُ عَبْدِ يَزِيدَ أَخُو الْمُطَّلِبِ امْرَأَتَهُ ثَلَاثًا فِي مَجْلِسٍ وَاحِدٍ فَحَزِنَ عَلَيْهَا حُزْنًا شَدِيدًا قَالَ فَسَأَلَهُ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ كَيْفَ طَلَّقْتَهَا قَالَ طَلَّقْتُهَا ثَلَاثًا قَالَ فَقَالَ فِي مَجْلِسٍ وَاحِدٍ قَالَ نَعَمْ قَالَ فَإِنَّمَا تِلْكَ وَاحِدَةٌ فَارْجِعْهَا إِنْ شِئْتَ قَالَ فَرَجَعَهَا / احمد، صحيح إسناده، احمد شاكر / روکانەی کوڕی عەبدو یەزیدی برای موتەلیب خێزانەکەی بەیەك جار هەر سێ تەلاقیدا جا زۆر نارەحەت بو وتی: پێغەمبەر ﷺ لەوبارەوە پرسیاری لێکرد چۆن تەلاقتداوە؟ وتی: سێوەسێ تەلاقم داوە ئیبنو عەباس وتی: پێغەمبەر ﷺ پرسیاری کرد بە یەکجار؟ وتی: بەڵێ، پێغەمبەرﷺ فەرموی: لەیەك دانیشتندا؟ وتم: بەڵێ، پێغەمبەرﷺ فەرموی: ئەوە هەر یەکدانەیە ئەگەر دەتەوێ بیگەڕێنەوە، جا ئەویش گەڕاندیەوە}

بەڵام ئەگەر فرمانڕەوای موسڵمانان کاتێك دی کە خەڵك لەگەڵ ئەحکامەکانی تەلاق بە سوکی هەڵسوکەوت دەکەن بۆ تەمیە کردنیان دەتوانێت ئەمەیان لە سەر تەنگ بکاتەوەو ئەمەش لە سونەدا هاتوە،

ئیبنوعەباس دەڵێت:{كَانَ الطَّلَاقُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَأَبِي بَكْرٍ وَسَنَتَيْنِ مِنْ خِلَافَةِ عُمَرَ طَلَاقُ الثَّلَاثِ وَاحِدَةً فَقَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ إِنَّ النَّاسَ قَدْ اسْتَعْجَلُوا فِي أَمْرٍ قَدْ كَانَتْ لَهُمْ فِيهِ أَنَاةٌ فَلَوْ أَمْضَيْنَاهُ عَلَيْهِمْ فَأَمْضَاهُ عَلَيْهِمْ /مسلم وغيره/ تەلاق لەسەردەمی پێغەمبەرﷺ و ئەبو بەکرو دووساڵی سەرەتای خەلافەتی عومەردا تەلاقی سێدانە بەیەکەوە بەیەك تەلاق دانراوە جا عومەر وتی: بێگومان خەڵك لەنێشێکدا کەبۆیان هەبو تێیدا لەسەر خۆبن بەراستی پەلەیان تێدا کردخۆزگە ئێمەش بڕیارمان بۆیان بدایە و لە پاشدا ئەو بڕیارەی بەسەریاندا ئەنجام دا} پێغەمبەریش ﷺ بڕیاری جێنشینەکانی خۆی بە سونەت ناو دەباتو دەفەرموێ: {فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الْمَهْدِيِّينَ الرَّاشِدِينَ/ ابوداود، صححه الألباني/ پێویستە لەسەرتان ئەنجامدانی سونەتەکانم وسونەتی ئەوجێنشینەرێنمای کراووڕێبەرانە}

دیارە ئەمە رەزایەتی یارەکانیشی لە سەر بوە. وە لەم ئایەتەدا داواکراوە کە پیاو ئاگاداری عیدەی ئافرەتی تەلاقی دراوی بێتو بزانێت کەی دەستی پێکردوە بۆ ئەوەی ئەگەر ویستی پێش تەواوبونی بیهێنێتەوە بۆ ژێر نیکاحی خۆیو تا ئافرەتەکەیش ماوەیەکی زیاد چاوەڕێ نەبێت. وەهەروەها پێویست کراوە لەسەر ئافرەتی تەلاقدراو کە ماوەی عیدەی لە ماڵی مێردەکەی بمێنێتەوە تاکو تەوادەبێتو پیاوەکەیش بۆی نیەدەری بکات یان بارودۆخەکە وا لێ بکات کە ئەو ئافرەتە ناچار بێت ئەو ماڵە بەجێبهێڵێت، بەڵام ئەگەر هاتو خۆی بە بێ ئیزن دەرچو یان داوێن پاك نەبو ئەو کاتە تاوانێك لەسەر پیاوەکە نیە ئەمەش بۆ ئەوەی کە فرسەتێکی تر بدرێت بەڵکو پیاوەکە پەشیمان ببێتەوە.

(٢) ئەوسا هەر کاتێك نزیك بوونەوە لە تەواوکردنی ماوەی خۆیان جا یان بە چاکی ڕایانگرن یان بە چاکیو بە شێوەیەکی پەسەند بە تەواوی تەڵاقیان بدەن، جا دوو پیاوی سەرڕاستی خاوەن داد لە خۆتان بکەن بە شایەتو شایەتیش بۆ خوا بدەن، ئا بەوە ئامۆژگاری کراوە ئەو کەسەی کە باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەبێت، خۆ هەر کەسێکیش لە خوا بترسێت خودا دەروی خێری لێ دەکاتەوە، لەڕاستیدا ئەو ئامۆژگاریە بۆ هەمو مرڤێکە بەڵام چونکە هەر باوەڕداران بە خواو بە ڕۆژی دوایی سوود لەم ئامۆژگاریانە وەردەگرن بۆیەوادەفەرموێ سابەڵکو خەڵکانی تریش هەستیان بجوڵێتوخۆیان لەخواوە نزیك بکەنەوە، لەم ئایەتەدا پەروەردگار پیاوی باوەڕدار سەرپشك دەکات لە هەڵبژاردنی یەکێك لەودوو ڕێگاو سێهەمی بۆ نیە یان ئەوەیە کە بەردەوام بێت لەسەر ژیانی هاوسەری خۆی لەگەڵ خێزانی دا بەشێوازێکی جوانو ڕێكوپێك کە ئەمەیانی پێش خستوە یان ئەمەیە کە وازی لێ بهێنێتو تەڵاقی بدات بە چاکیو دوور لە دروستکردنی ئێشو ئازا بۆیو باس کردنی بە خراپەو دەرخستنی عەیبەکانیو دژمنایەتی کردنی، بەڵام ئەوکەسەی کە هیچکام لەم دوو ڕێگایە ناگرێتە بەر ئەوە فرمانی پەروەدگاری بەجێ نەهێناوە، پێویستە ئەوەش بزانرێت کەبواری ئەحکامەکانی وارەخساندوە کە ژیانی هاوسەری بەوپەری خۆشەویستیو ڕێزەوە بەردەوام دەبێت بەڵام ئەگەر هاتو ژنوپیاو کێشەو ناکۆکیان لە بەیندا بو ئیسلام پێش هەمو شت چەند قۆناغێك دادەنێت بۆ ئەوەی کە ئەو ناکۆکیە لە ناوبباتو ژیانی هاوسەری بپارێزێت کە لە ئامۆژگارییەوە دەست پێ دەکات تا ناوبژیوان بۆبن بڕ کردنی ئەوکێشەیە، پێغەمبەرمان ﷺ ئامۆژگاری باوەڕدان دەکاتو دەفەرموێ: {لا يَفْرُكُ مؤمن مؤمنةً، إنْ كَرِهَ منها خُلُقاً رَضِيَ مِنْهَا آخَرُ/ مسلم وغيره/ هیچ پیاوێکی باوەڕدار با ڤینی نەبێت لە ئافرەتێکی باوەڕدار ئەگەر ڕەوشتێکی لاباش نیە خۆ ڕەوشتێکی تری هەیە کەلێی ڕازی بێت}

واتە با ئینساف هەبێتو چاکەکانی خێزانی خۆی لە پێش چاوبێتو ئەو رقوڤینە نەیگەیەنێت بە تەڵاقو جیابونەوە، بەڵام ئەگەر هاتو هیچ ڕێگایەك بۆ لەناوبردنی کیشەی نێوان ژنوپیاو بێجگە لە تەڵاق نەبو ئەوا تەڵاق ڕێگایەکی ناچارییە کەئیسلام ڕێگای پێداوە تا بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی کە خراپتر ڕونەدات جا بۆیە تەڵاق بە بێ هۆکارێکی شەرعی پەسەند نەکراوەو پێغەمبەرمان هانی باوەڕداران دەدات کە ئەو ژیانی هاوسەریەبەرێز بگرنو نەیبچڕێننو دەفەرموێ: {إنَّ الله يُوصيكم بالنِّساء خيراً، إن اللهَ يوصيكم بالنساء خيراً؛ فإنهنَّ أمهاتُكم، وبناتُكم وخالاتُكم / الطبراني، صححه الألباني/ بەبێگومان کە الله ﷻ ئامۆژگاریتان دەکات کە لەگەڵ ژناندا چاك ڕەفتار بکەن، بەبێگومان کە الله ﷻ ئامۆژگاریتان دەکات کە لەگەڵ ژناندا چاك ڕەفتار بکەن، چونکە بێشك کە ئەوانەدایکتاننو کچتاننوپورتاننن} جا دەرکەوت کە هەرچونێك نیکاح کردارێکی شەرعیە تەڵاقیش هەروەها کردارێکی شەرعیەو ئەحکامی تایبەتی خۆی هەیەو ماڤ پیاوەوبۆگاڵتەو گەمە نیەوموسڵمان دەبێ ئاگای لێ بێت بەبێ داخوازییەکی شەرعی بەکاری نەهێنێ پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{ثلاثٌ جِدُّهُنَّ جِدٌّ، وهزلهنَّ جِد: النكاحُ، والطَّلاقُ، والرَّجعةُ/ أبو داود، صححه الألباني/ سێ شت هەیە بەراستی بەکاریان بهێنی بەراست دادەنرێن و بەگاڵتەش بەکاریان بهێنیت هەر بەراست دادەنرێن: نیکاحو تەڵاق رجعەت} جا ئەوکەسەی کە سەر بەخۆیی بە خێزانی بڵێت: ئەوا تەڵاقم دایت یان وشەیانێکی تر کە بەو ماناو مەبەستە بەکار دێن بەکاربباب تەڵاقی دەکەوێت جا ئەو کەسەی کە لە ژێر ناچارییەکی مادی یان مەعنەویدا بێت ئەگەر ئەو وشەیەی بەسەر زماندا هات ئەوە تەڵاقی ناکەوێت لەبەر ئەم فەرمودانەی پێغەمبەرمان ﷺ لەعوسمانی کوڕی عەفانەوە ﷺ هاتوە کەدەڵێت:{لَيس لِمَجنونٍ وَلا سُكرانَ طَلاقٌ/ البخاري/ بۆشێتومەست تەڵاق کەوتن نیە} یان ئەو کەسەی کە ئەوندە تورە بوە کە ئاگای لەو وشەیە نیە کە دەیڵێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:{لا طَلاقَ ولا عِتاقَ في إغلاقٍ/احمد، صححه الألباني/ نە تەڵاق دەکەوێتو نە ئازاد کردنی بەندە دەبێت لە کاتێکدا کابرا لەو پەڕی تورەیی یان ناچاری دا بێت.}

بەڵی شێتیو سەرخۆشیو تۆڕەی لەحەدبەدەر هەموشتانێکن کە ماڵوێران کەرن جا چونکە ئایینی ئیسلام ئاینی کۆکردنەوەیە نەك جیاکردنەوە ئایینی خۆشەویستیو پاراستینی مافەکانە نەك دژمنایەتیو پێشێل کردنی مافەکان جا بۆیە دەبینین کە ئیسلام حیسابێك بۆ تەلاقی ئەم جۆرکەسانە ناکات تاکو هەنگاوێکی تر بێت بۆ پاراستنی ژیانی هاوسەریو کەم کردنەوەی زیانەکانی ئەم جۆرەرەفتارانە لەناوکۆمەڵگادا. وەلەم ئایەتەپێویستکرا کە لە سەر تەلاقدانەکە یان گەڕانەوەی ئافرەتەکە دوو شایەتی بۆ دابنێت کە شایەت بن لە سەری، تاکو پیاوەکە نەتوانێت تەلاقەکە بشارێتەوەو ژمارەی تەلاقەکانی دیاربن یان لەپاش ئەوەی کە گەڕاندویەتیەوە بیشارێتەوە وببێت بە هۆی تێکەڵ بونی وەچە، ئەگەر لە ماوەی عیدەکەیدا نەیهێناوە ئەوا بەتەوای لەیەك جیادەکرێنەوەوەك دوو نامەحرەمیان پێ دێتو حەرامیش دەبن لەیەکتری مەگەر سەر لە نوێ عەقد بکرێتەوە. جا لە کۆتای ئایەتەکەدا داوا دەکات کە لەخوا بترسنو فەرمانانەکانی بەچاکی جێبەجێ کەن جا ئەگەر واتان کرد ﷻ لەو ناکۆکیو گرفتاریە رزگارتان دەکات.

(٣) جا ڕۆزی پێ دەدات لە ڕێگایەکەوە کە خۆی هەستی پێ ناکاتو هەر کەسێك خۆی بەخوا بسپێرێت ئەوسا ئەوزاتە خۆیبەسە بۆی لە هەمو کارەکانیدا، بێگومان کە خودا فرمانی خۆی دەباتە سەر، بۆ هەمو شتێکیش ماوەی دیاری خۆی هەیە لەلای ئەو جا لەو کاتەی بۆی دیاریکردوە پاشو پێش ناکات،

(٤) ئەو ئافرەتانەی ئێوە کە لە عادەی ژنانە نائومێدن بەهۆی پیریانەوە (ئەگەر کەوتنە گومانەوەلە چۆنیوچەنی عیددەکەیان) ئەو عیدەیان سێ مانگەو ئەو ئافرەتانەیش کە نەکەوتوونەتە عیددەوە لەبەر منداڵییان (ئەوانیش هەر سێ مانگە)و ئەوانەیش کە سکیان هەیە ماوەکەیان بەدانانی سکەکەیەتیو هەر کەسێکیش لە خوا بترسێت خودا کاروباری بۆ ئاسان دەکات. عیدەی دیاری کراو بۆ ئافرەت ئەمانەیە:

یەکەم: عیدەی ئافرەتێك کە تەلاقەکەی ریجعی بێت سێ عادەیە بۆ ئەوانەی کە دەکەنەوە سوڕی مانگانەوەو سێ مانگە بۆ ئەوانەی کە عادەیان نیەو ئەگەر ئافرەتەکەیش سکی هەبو ئەوە عیدەکەی بەدانانی سکەکەیەتی، لەم ئایەتانەدا باس لەمانەکراوە،

دووهەم: عیدەی ئافرەتانێك کە تەلاقی سیانە دراونو بە تەواوی جیابونەتەوە

سێهەم: ئافرەتێك کە بە خولع جیابوتەوە یان بەهۆی هەڵشانەوەی عەقدی زەواجەوە جیابوەتەوە عیدەی ئەمانیش هەروەك ئەوەوایە کەلەم ئایەتانەدا باسکراوە، ،

چوارەم: عیددەی ئافرەتێك کە هێشتا پیاوەکەی بەتەنهایی نەچوەتەلای، واتە پێش ئەوەی کەبەیەکەوە بەتەنهایی کۆببنەوە تەلاقی داوە ئەمە عیدەی لە سەر نییەو پێویست ناکات کە ماوەیەك چاوەڕێی بکات، پێنجەم: عیدەی ئافرتێك کە مێردەکەی بمرێت جا پێش یان پاش ئەوەی کە خەڵوەتی لەگەڵدا کرا بێت ئەوە چوارمانگو دە ڕۆژە بەڵام ئەگەر سکی هەبو ئەوە عیدەی بەدانانی سکەکەیەتی.

(٥) ئەوەی کە باسکرا فرمانی خودابو ڕەوانەی کردوە بۆ ئێوەو هەر کەسێکیش لە خوا بترسێت خراپەکانی لەسەر لادەباتو پاداشتیشی لەسەر چاکەکانی کە کردویەتی گەورە دەکات، دیارە بناغەی بەجێ هێنانی فرمانەکانی ﷻ دەگەڕێتەوە بۆ تەقواو لەخواترسان ئەگەر تەقوا هەبو پیاو خۆی هەوڵ دەدات کە فرمانەکانی ﷻ جێبەجێ بکاتو ماڤی خێزانەکەی بداتو لەکاتی تەلاقدانیشیدا ئەومافانەی کە ﷻ دیاری کردوە بۆ ئافرەتەکەی پێی بدات بەڵام ئەگەر تەقوا کەم بویەوەو بێ تەقوایی لە ناو خەڵکدا زۆر بو ئەوکاتە ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتە کە ئەو مافانەی ئافرەت بپارێزێتو پیاوەکە مەجبور بکات کە ئەو مافانە جێبەجێ بکات جا لە کۆمەڵگەیەکدا کە نە تقوای تێدا بێتو نە دەسەڵاتەکە حوکم بە قورئان بکات واتە قورئان هێزی لە گەڵدا نەبێت ئەوکاتە باس لەم مافانە نامێنێتو ئافرەتیش زۆرترین زوڵمی لێدەکرێت جا هەمو ئەوەی کە خۆی بە باوەڕدار دەزانێت ئیمانەکەی لە لێواری لەناوچوندایە تا ئەو کاتەی ئەوەی پێی دەکرێت بێکات بۆ ئەوەی کە حوکمەکانی شەریعەت کە فرمانی پەروەردگارە

أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا۟
عَلَيْهِنَّ ۚ وَإِن كُنَّ أُو۟لَٰتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا۟ عَلَيْهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ۚ
فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ۖ وَأْتَمِرُوا۟ بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ ۖ وَإِن
تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُۥٓ أُخْرَىٰ ﴿٦﴾ لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِۦ ۖ
وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُۥ فَلْيُنفِقْ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ۚ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا
إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا ۚ سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا ﴿٧﴾ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ
عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِۦ فَحَاسَبْنَٰهَا حِسَابًا شَدِيدًا وَعَذَّبْنَٰهَا
عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨﴾ فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا وَكَانَ عَٰقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْرًا ﴿٩﴾
أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ
قَدْ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا ﴿١٠﴾ رَّسُولًا يَتْلُوا۟ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ مُبَيِّنَٰتٍ
لِّيُخْرِجَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ
وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعْمَلْ صَٰلِحًا يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا
ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ قَدْ أَحْسَنَ ٱللَّهُ لَهُۥ رِزْقًا ﴿١١﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ
سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ ٱلْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ
ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَىْءٍ عِلْمًۢا ﴿١٢﴾

بەکردار جێ بەجێ بکرێن، بەراستی جوانی فەرموە عوسمانی کوڕی عەفان کە دەفەرموێ: {إِنَّ اللهَ لَيَزَعُ بِالسُّلْطَانِ مَا لا يَزَعُ بِالقرآنِ/ ابن کثیر/ بەبێگومان خوا بە هێز شتانێك لادەبات کە بەقورئان لای نابات}.

﴿٦﴾ لەکوێدا خۆتان نیشتەجێن جێگای ئەو ئافرەتە تەڵاقدراوانەش بکەنەوە تا عیدەیان تەواو دەبێت بەگوێرەی دەست ڕۆیشتنتانو زیانیان لێ مەدەن بۆ ئەوەی ژیانیان لێ تەنگ بکەنو ناچاربن کەئەو جێگایە چۆڵ بکەن. واتە ئافرەت لە عیدەی تەڵاقدا دەبێت جێگای بۆ دابین بکرێت لەلایەن تەڵاقدەرەوەو ئەگەر سکی هەبو دەبێت تا دانانی سکەکەیشی خەرجی بدرێت جا ئەگەر شیری دا بە منداڵەکەتان ئەوسا دەبێت کرێی شیردانەکەیشی پێ بدەن لەناو خۆتاندا بە شێوەیەکی چاكو بە گوێرەی باوی خۆتان ڕێك بکەون جائەگەر بەو خەرجیە بارتان گران دەبوو بە شێوەیەك کە توانای هەڵگرتنیتان نەبو با ئافرەتێکی تر شیری پێ بدات بۆتان. واتە ئافرەتێك کە بەریجعی تەڵاق دراوەو پیاوەکەی دەتوانێت بیگەڕێنێتەوە پێویستە نەفەقەی بداتو لەلای خۆیدا نیشتەجێی بکات ج سکی هەبێت یان نە بەڵام ئەگەر تەڵاقی سیانە بو ئەوە پێویست ناکرێت لەسەر پیاو، مەگەر ئەوەی کە ئافرەتەکە سکی هەبو کە ئەم ئایەتە بە جیا باسی لێوەکرد، فاتیمەی کچی قەیس دەڵێ: {أَنَّ زَوْجَهَا طَلَّقَهَا ثَلاثًا، فَلَمْ يَجْعَلْ لَهَا النَّبِيُّ ﷺ نَفَقَةً وَلاَ سُكْنَى/ابوداود،صححه الألباني/ مێردەکەی هەرسێ تەڵاقەی دا جاپێغەمبەر ﷺ خەرجیو جێگای بۆدانەنا} هەندێکیش وتویانە ئەم فەرمودەیە ئەوەدەگەیەنێت کەئەوفەرمانە لەو ئایەتەدا بۆ پێویست(وجوب) نیە، هەرچەند پیاوانی بەرز رەخنەیان لەوئافرەتەگرتوە بەڵام من وای بەچاك دەزانم چونکە بەوشێوەیە تەوافق دروست دەبێتو کار بەهەردوولا دەکرێتو هیچکامیان پشتگوێ ناخرێن. والله اعلم.

﴿٧﴾ ئەو کەسەی کە وەزعی ئابوری چاکە با لەوماڵەی خۆی ببەخشێتو خەرجی ئافرەتە تەڵاقدراو و سکدراو شیردەرەکەی بداتو منداڵەکەی نەخاتە تەنگانەوە بەهۆی خۆگرتنەوە لە خەرجیکردنی بۆی، ئەوسا هەر کەسێکیش کەمدەست بو بەگوێرەی کەم دەستی خۆی خەرجی بدات، خودا داوا لە کەس ناکات مەگەر بەو ئەندازەی کە خودا پێیداوە (با دڵنیاش بن کە) بەم زوانە پاش کەمدەستیو تەنگانە خودا دەسەڵاتو فرەوانی دەداتو لەو تەنگانەیە ڕزگاری دەبێت. بزانن کە ئەمانە هەمو فرمانی پەروەردگارتانە جا لە ﷻ بترسنو نا فرمانی نەکەن چونکە ئەگەر واتن کرد سزای پەروەردگار چاوەروانیتان دەکات،

﴿٨﴾ جا زۆر خەڵکانی شارانی تر هەبون کە سەرپێچیان کردوە لە فرمانی پەروەردگاری خۆیانو پێغەمبەرەکانی ئەوسا ئێمەش بەتوندی چەندو چونیمان لەگەڵ کردون سزامان داون بە سزایەکی دژوارو بێزراو.

﴿٩﴾ جا سزای خراپی کارەکانیان چەشتو سەرئەنجامی کاری ئەوان ڕەنجەڕۆی بوە.

﴿١٠﴾ خودا سزای توندی داناوە بۆیان جا لە خوا بترسن ئەی خاوەن عەقڵانێکی باوەڕدار با دوچاری ئەو سزا ئامادە کراوە نەبن، بە حەقیقەت خودا شەرەفو بەرزی ناردوە بۆتان.

(١١) کەپێغەمبەرێکە نیشانە ڕۆشنکەرەوەکانی خواتان بۆ دەخوێنێتەوە تا ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە تا لە تاریکی سەرلێشێواوی دەریان بهێنێتو بیخاتەناو ڕووناکیەوە کە پەیڕەویکردنی ڕێبازی ئیسلامەو هەر کەسێك باوەڕ بە خوا بکاتو کرداری چاك ئەنجام بدات خوا دەیخاتە ناو باخچەگەلێکەوە کە بەناویدا چەندین جۆگە دەڕوات (کە لە ئاوی چاكو هەنگوینی سافو شیری خاوێنو شەرابە)و بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە، بە حەقیقەت خودا ڕۆزیو بژێوی جوانی پێدەدات،

(١٢) خودا ئەو زاتەیە کە حەوت ئاسمانی دروستکردوەو لەزەویشدا هەروەکو ئەوانە واتە حەوت زەوییە کە فرمانی خودا دادەبەزێنێتە نێوانیان، هەموی لە ژێر فرمانی ئەودانو ئەحکامە شەرعیەکانیش بۆ بەندەکانی خۆی ڕەوانە دەکات تا بزانن کە خوا توانای بەسەر هەمو شتێکدا هەیەو بە بێ شك زانیاری خودا هەمو لایەکی گرتوەتەوەو هەموی لە گەمارۆی زانیاری خودادایە. جا ئەو فرمانانەی کە دەیکاتو ئەو بڕیارانەی کە دای دەنێت بۆ بەندەکانی لەسەر بناغەی عیلمو حیکمەتەو لادان لێی سەر لێ شێواویو گومراهیە﴿ فَمَاذَا بَعْدَ ٱلْحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَـٰلُ ۖ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴾ یونس: ٣٢ /ساپاش ڕاستی چی هەیە بێجگە لە گومڕاهی؟جا چۆن لەوراستیە لادراون؟! ﴾ بەراستی ئەم باسی نیکاحو تەڵاقە لەپەڕاوەفیقهیەکاندا زۆربەدرێژی باسکراوە جا ئەگەر زانیاری زیاترت دەوێ چاوێك بەواندا بخشێنە بەسودە.

(٦٦) سورەتی تەحریم (١٢)

سورەتی تەحریم کە سورەتی شەستو شەشەمی قورئانە، بە سورەتی﴿ ٱلنَّبِىُّ ﴾یش ناو دەبرێت کە بەکۆی دەنگ لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، دوانزە ئایەتە، ناسخو مەنسوخی تێدانیە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سەدوپێنجەمین سورەتەو لە پاش سورەتی" الحجرات "و پێش سورەتی" الجمعة " دابەزیوە.

ئەم سورەتەش هەروەك سورەتی پێشو ڕو لە پێغەمبەر دەکاتو باس لە ناکۆکیەکانی ژیانی هاوسەری دەکات، بەڵام بە هۆی بەرزی پلەو پایەی پێغەمبەرو خێزانەکانی ئەم سورەتە تایبەت بەوان کراوە، هەر بۆیە لە کۆتایی سورەتەکەشدا باس لەو دوو ئافرەتە بەرێزە بەهەشتیە دەکات کە ئاسیەو مریمی کچی عیمرانە، وە بە جیا کردنەوەی تێمان دەگەیەنێت کە " التَّحْرِيم " حوکمی تەڵاقی نیە، بەڵکو ئەوە سوێندە، بۆ هۆی دابەزینی ئەم سورەتە دوو شت وتراوە کە جێگای باوەڕن یەکێکیان ئەوەبو: کە پێغەمبەر ﷺ ماریەی قبطی لەخۆی حەرام کردو ئەم قسەیەی لەلای خاتون حەفسەی خێزانی کرد، حەفسە وتی: تۆ شتێك خوا حەڵاڵی کردوە بۆت، حەرامی دەکەیت لە خۆت، سوێندی خوارد نەچێتە لای، تا حەفسە ئەم قسەیەی لەلای عائیشە باسکرد، جا خوا ئەم سورەتەی نارد. دووهەمیان: دەڵێن پێغەمبەر ﷺ کە دەچوە لای زەینەبو دەمایەوە لەلای، عائیشە دەڵێت منو حەفسە قسەمان کرد بەیەك کە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ هاتە لای هەر کاممان بڵێن: تۆ بۆنی (مەغافیر- کە بۆنێکی خۆش نیە) لێت دێت، دەڵێی مەغافیرت خواردوە، جا هاتە لای یەکێکمان ئەوسا ئەو قسەی پێ وت، فەرموی: (قەیناکە لەلای زەینەبی کچی جەحش هەنگوینم خواردوە ئیتر نایخۆم) جا ئەم سورەتە دابەزی .

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(٦٦) سُورَةُ التَّحْرِيم (١٢)

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ
يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ ۖ تَبْتَغِى مَرْضَاتَ أَزْوَٰجِكَ ۚ وَٱللَّهُ
غَفُورٌ رَّحِيمٌ (١) قَدْ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَـٰنِكُمْ ۚ وَٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْ ۖ
وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ (٢) وَإِذْ أَسَرَّ ٱلنَّبِىُّ إِلَىٰ بَعْضِ أَزْوَٰجِهِۦ حَدِيثًا
فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِۦ وَأَظْهَرَهُ ٱللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُۥ وَأَعْرَضَ عَنۢ بَعْضٍ ۖ
فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِۦ قَالَتْ مَنْ أَنۢبَأَكَ هَـٰذَا ۖ قَالَ نَبَّأَنِىَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْخَبِيرُ
(٣) إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا ۖ وَإِن تَظَـٰهَرَا عَلَيْهِ
فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوْلَىٰهُ وَجِبْرِيلُ وَصَـٰلِحُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ
بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ (٤) عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا
خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَـٰتٍ مُّؤْمِنَـٰتٍ قَـٰنِتَـٰتٍ تَـٰٓئِبَـٰتٍ عَـٰبِدَٰتٍ سَـٰٓئِحَـٰتٍ
ثَيِّبَـٰتٍ وَأَبْكَارًا (٥) يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ
نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَـٰٓئِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ
لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ (٦) يَـٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَعْتَذِرُوا۟ ٱلْيَوْمَ ۖ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (٧)

(١) ئەی پێغەمبەر ﷺ بۆ بۆ ڕاگیرکردنی دڵی خێزانەکانت ئەو شتەی کە خوا بۆی ڕەواکردوی لە خۆتی قەدەغە دەکەیت؟ شتی وا نەکەیتو خوا چاوپۆشی لە تاوانی بەندەکانی دەکاتوبێنیهایەت میهرەبانە بۆیان. مەبەست لە تەحریم ئەوەیە کە پیاو بەخێزانی بڵێت: ئەوە تۆ لە من حرام بیت، جا ئەم وتەیە بەم مانایە بە تەڵاق هەژمار ناکرێت، ئیبنو عەباس دەڵێت:{إذا حرَّم الرجلُ عليه امرأتَهُ فهي يمينٌ يُكفِّرها، /مسلم وغيره/ هەرکاتێ پیاوێك ژنەکەی لە خۆی قەدەغە کرد، ئەوسا ئەوە سوێندەو دەبێ کەفارەتی بدات}.

(٢) بە حەقیقەت خوا هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانی لەسەرتان حەڵاڵ کردو خوا گەورەو دۆستی ئێوەیەو هەر خۆیەتی زانا یە بەوەی، کەچی خەیری ئێوەی تێدایەو کاربەجێ یەو ئەوەی کە ئەو بۆی داناون سودی ئێوەی تێدایە، مەبەست ئەو کەفارەی سویندەیە کە لە سورەتی "المائدە" باس کراوە، بەڵێ پەروەردگار ئەو حوکمانەی کە دای دەنێت بەگوێرەی عیلم و حیکمەتە.

وتراوە: (الْحِكْمَة: **إعطاءُ الأفعالِ ما تَقْتَضِيهِ حقائقُها دُونَ الأوهامِ والتخيُّلات**: حیکمەت: بەخشینی روە راستیەکانە بەکردارەکان نەك دالغەو خەیاڵ پلاوەکان).

(٣) جا لە کاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ قسەیەکی بە نهێنی لەگەڵ هەندێك لە هاوسەرانیدا کرد، ئەویش ئەو هەواڵەی بە جگە لە خۆی گەیاند، ئەوساخواش پێغەمبەر ﷺ ی ئاگادار کردەوە لەسەر ئەوە، جا پێغەمبەریش ﷺ هەندێکی بۆ باسکردو هەندێکی نەوت، ئیتر کاتێك کە ئەمەی بەو خێزانەی وت خێزانەکەی وتی: کێ ئەمەی بەتۆ وتوە؟ فەرموی: زانای زۆر بەئاگایە کە (اللّٰه)یە بەمنی وتوە.

(٤) ئەگەر پەشیمان ببنەوە لەو هەڵوێستەی خۆتان ئەمە چاکە بۆتان بەحەقیقەت دڵتان لایداوە لە شتی چاك کە شتێکتان پێخۆشە کە ئەو پێی خۆش نیە، کەواتە وازهێنان لە کەنیزەکەی یان لە هەنگوین کە پێغەمبەر ﷺ هەردووکیانی پێخۆشبو، جا ئەگەر هەردووکتان (عائیشەو حەفصە) پشتی یەك بگرن لە دژی ئارەزۆی پێغەمبەر ﷺ، ئەوسا بێگومان کە خوا خۆی لایەنگریەو جوبرەئیلو پیاوچاکانی باوەڕدارو تەواوی فریشتەکانیش پاش ئەوە (ئەگەر پەشیمان نەبنەوە) پشتیوانیەتی، بوخاری هێناویەتی کە عومەر دەڵێت: ژنانی پێغەمبەر ﷺ یەکیان گرت لە تەنگهەڵچنین بە پێغەمبەر ﷺ بۆ بابەتی خەرجیان منیش وتم (نزیکە پەروەردگاری ئێوە ئەگەر ئێوە تەڵاق بدات هاوسەرانێکی چاکتر لە ئێوەی پێ بدات موسڵمان بن باوەڕدار بن بەندایەتیکەر بنو...و..هتد) جا خوا هەمان قسەی دابەزاند بۆ پێغەمبەر ﷺ واتە: قسەکانی عومەر ڕێك بوو لەگەڵ ئەوەی کە خوا لە ئەزەلدا تۆماری کردبوو کە دەفەرموێ:

(٥) نزیکە پەروەردگاری (ئەگەر ئێوە تەڵاق بدات) بۆی بگۆڕێت بە هاوسەرانێکی چاکتر لەئیوە کەموسڵمان، باوەڕدار، گوێڕایەڵ، لە خراپە پەشیمان، بەندایەتیکەر، ڕۆژووگر، بێوەژنو کچیان تێدابێت.

(٦) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆتانو خاوخێزانتان لە ئاگرێك بپارێزن کە هەڵگیرسێنەری خەڵكو بەردە، فریشتە گەلێکی دڵڕەقو بەهێز سەرپەرشتی دەکات کە هەرگیز ئەوانە لە فرمانی خودا لانادەنو هەر چییان پێ بوترێت ئەنجامی دەدەن. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت:{مُرُوا أبناءَكُم بالصَّلاةِ لِسَبعٍ وَاضرِبُوهُم عَلَيهَا لِعَشرٍ وَفَرِّقُوا بَينَهُم فِي المُضَاجِعِ/ ابوداود، الالباني:حسن صحيح/ بە منداڵی حەوتساڵیتان نوێژ بکەنو لە دە ساڵیدا لەسەر نوێژ نەکردن لێیان بدەنو براو خوشك لەم تەمەنەدا لە یەك جیابکەنەوە لەکاتی خەوتندا} هەمو کەسێك لێپرسراوە سەبارەت بە خواری خۆی، جا پێویستە بە چاکی ئامۆژگاری بکاتو لە ئاگری دۆزەخ دوریان بخاتەوە.

(٧) ئەی ئەو کەسانەی کە خوانەناسن ئەمڕۆ کە قیامەتە هیچ بەهانەیەك مەگرن، چونکە چۆنتان ئیش کردوە هەر ئاوەهاش تۆڵەتان لێ دەسەنرێتو ستەم لە کەس ناکرێت، وتراوە "چی بچێنیت هەر ئەوە دروێنە دەکەیت".

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوۡبَةٗ نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمۡ
أَن يُكَفِّرَ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيُدۡخِلَكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي
مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ يَوۡمَ لَا يُخۡزِي ٱللَّهُ ٱلنَّبِيَّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
مَعَهُۥۖ نُورُهُمۡ يَسۡعَىٰ بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَبِأَيۡمَٰنِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَآ
أَتۡمِمۡ لَنَا نُورَنَا وَٱغۡفِرۡ لَنَآۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٨
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡۚ
وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ٩ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا
لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱمۡرَأَتَ نُوحٖ وَٱمۡرَأَتَ لُوطٖۖ كَانَتَا تَحۡتَ
عَبۡدَيۡنِ مِنۡ عِبَادِنَا صَٰلِحَيۡنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمۡ يُغۡنِيَا عَنۡهُمَا
مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَقِيلَ ٱدۡخُلَا ٱلنَّارَ مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ ١٠
وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱمۡرَأَتَ فِرۡعَوۡنَ إِذۡ
قَالَتۡ رَبِّ ٱبۡنِ لِي عِندَكَ بَيۡتٗا فِي ٱلۡجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرۡعَوۡنَ
وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِي مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ١١ وَمَرۡيَمَ ٱبۡنَتَ
عِمۡرَٰنَ ٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا
وَصَدَّقَتۡ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتۡ مِنَ ٱلۡقَٰنِتِينَ ١٢

(٨) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە بگەڕێنەوە بۆ لای خودا بە گەڕانەوەیەکی ڕاستو دروستو تەوبەیەکی ڕاست بکەن، نزیکە پەروەردگارتان تاوانەکانتان داپۆشێتو بتانخاتە ناو باخچەیانێکەوە کە چەندین جۆگای بەناودا دەڕوات، ئەو ڕۆژەی کە خوا پێغەمبەر ﷺ و ئەو باوەڕدارانەی کە لەگەڵیدان شەرمەندەو ڕسوایان ناکات، ڕووناکیەکەیان لەپێش دەمیانو بە لای ڕاستیاندا دەڕواتو دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ئەم ڕووناکیەمان بۆ تەواوبکە تا دەگەینە جێگای مەبەستو لێمان ببورە، بێگومان کە تۆ توانات بەسەر هەمو شتێکدا هەیە. زانایان وتویانە تەوبەی نەصوح ئەو تەوبەو گەڕانەوەیە کە چوار مەرجی تێدا بێت: دەبێ دڵی پڕ بێت لە رقو بێزاری بەرامبەر بەو تاوانە، جەستەو ئاندامەکانی لێدوربخاتەوە، دۆستانو برادەرانی خراپی تەرك بکات پاشان دەست بەرزبکاتەوەو بە زمان داوای لێخۆشبون بکات لە پەروەردگاری، چونکە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ رَبَّكُم تَبَارَكَ وَتَعَالَى حَيِيٌّ كَرِيمٌ يَسْتَحْيِي مِن عَبدِهِ إِذَا رَفَعَ يَدَيْهِ إِلَيْهِ أَنْ يَرُدَّهُمَا صِفْرًا /ابوداود، صححه الألباني/ بێگومان کە پەروەردگارتان بەشەرموسەخییەکی وایە کە شەرم دەکات لەوەی کە هەرکاتێك بەندەیەکی هەردوو دەستی بەرزبکاتەوە بۆ لای، ئەو بەخاڵی بیانگەڕێنێتەوە} بەڵام دیارە ئەم مەرجانە لە ئەهلی بیدعە نایەنەدی، چونکە بیدعەچی لێی پەشیمان نیە بەڵکو بەچاکەو خەیری دەزانێت، جا بۆیە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ اللهَ حَجَبَ التَّوبَةَ عَن كُلِّ صَاحِبِ بِدْعَةٍ حَتَّى يَدَعَ بِدْعَتَهُ/ الطبراني، صححه الألباني/ بێگومان کە ﷻ بەرگری تەوبەی کردوە لەهەموبیدعەچییەك هەتا واز لەوبیدعەیە دێنێت}.

(٩) ئەی پێغەمبەر ﷺ دژی خوانەناسانو دووڕوەکان بجەنگە، (لەگەڵ خواناساندا بە شمشێرو لەگەڵ دووڕواندا بە زمانو لێدانی حەد لەسەر ئەو تاوانانەی کە دەیکەنو ئاشکرا دەبێت)و دڵڕەق بە سەبارەت بەوانو جێگایان دۆزەخەو خراپترین جارەنوسیانە ئەو دۆزەخە.

(١٠) خوا ژنی نوحو ژنی لوت بۆ ئەوانەی کە خوانەناسن بە نمونە باس دەکات کە هەردووکیان خێزانی دوو بەندە بون لە بەندەچاکەکانی ئێمە، ئەوسا خیانەتیان کرد هەر یەکەیان بەدژی مێردی خۆی دەجوڵایەوە، جا ئەوانیش هیچ سوودێکیان بەو دوو ژنەی خۆیان نەداوەو هەر کە مردن پێیان وترا لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە دەچنە ناو ئاگرەوە ئێوەش بچنە ناویەوە. وتراوە خیانەتی خێزانی نوح ئەوە بوە کە باوەڕی پێ نەهێناوەو بەخەڵکی دەوت کە پیاوەکەم شێت بوە، خیانەتی خێزانی لوتیش ئەوە بو کەسەرەرای ئەوەی کە باوەڕ پی نەهێنا هەواڵی مێوانەکانی لوتیشی بە بێباوەڕان ڕاگەیاندو ئەوانیش پەلاماری ماڵی لوتیان داو زەحمەتێکی زۆریان بۆ دروستکرد تا وای لێ هات کە ﴿وتی: خۆزگە زۆرم بەئێوە بشکایە﴾هود/هەشتا.

(١١) وە خوا ژنی فیرعەون کە ناوی ئاسیە بوو بۆ باوەڕداران بە نمونە باس دەکات ئەو کاتەی کە وتی: ئەی پەروەردگارم لەلای خۆت ماڵێکم بۆ چاك بکەو لە فیرعەونو کردەوە ناپەسەندەکانی ڕزگارم بکەو لە گەڵ ستەمکار ڕزگارم بکە، لەم دوو نمونەوە چاك ئاشکرا دەبێت کە پیاو و ئافرەت هەر یەکەیان بۆخۆیان سەربەخۆنو باری کەسیان بەسەر ئەویتریاندا نادرێت، ڕاڤەکاران دەڵێن:

سُورَةُ المُلْكِ ٦٧ — ٣٠

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾ ٱلَّذِى خَلَقَ
ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾
ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا مَّا تَرَىٰ فِى خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ مِن
تَفَٰوُتٍ فَٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ﴿٣﴾ ثُمَّ ٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ
يَنقَلِبْ إِلَيْكَ ٱلْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ ﴿٤﴾ وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ
ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلْنَٰهَا رُجُومًا لِّلشَّيَٰطِينِ وَأَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابَ
ٱلسَّعِيرِ ﴿٥﴾ وَلِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ
﴿٦﴾ إِذَآ أُلْقُوا۟ فِيهَا سَمِعُوا۟ لَهَا شَهِيقًا وَهِىَ تَفُورُ ﴿٧﴾ تَكَادُ تَمَيَّزُ
مِنَ ٱلْغَيْظِ كُلَّمَآ أُلْقِىَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ ﴿٨﴾
قَالُوا۟ بَلَىٰ قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ إِنْ أَنتُمْ
إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ كَبِيرٍ ﴿٩﴾ وَقَالُوا۟ لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِىٓ أَصْحَٰبِ
ٱلسَّعِيرِ ﴿١٠﴾ فَٱعْتَرَفُوا۟ بِذَنۢبِهِمْ فَسُحْقًا لِّأَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴿١١﴾
إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿١٢﴾

کاتێك کەموسا بە سەر ساحیراندا سەرکەوت ئاسیەی خێزانی فیرعەون باوەڕی هێنا، جا فیرعەون کە لەمە ئاگادار بویەوە دەستی کرد بە سزا دانی ئاسیە کە ئەویش لە ژیر ئێش و ئازاری ئەو سزایانەدا ئەم دوعایەی کرد کەقورئان تۆماری کردوە، جاهەتا قورئان هەیە دەمێنێ و هەر بەوتنەوەی قسەکەی موسڵمانان خێریان دەست دەکەوێت.

(١٢) جا نمونەیەکی تری باوەڕداران مەریەمی کچی عیمرانە کە دامێنی خۆی لە کاری خراپ پاراست، جا ئێمە لەو ڕۆحەی خۆمان کردبە ناو باخەڵیداو باوەڕی بە وشەکانی پەروەردگاریو پەڕاوەکانی کردو لەو کەسانە بوو کە گوێڕایەڵو فەرمانبەرداری خودان. لە فەرمودەدا هاتوە کە پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی:{كَمُلَ مِن الرِّجَالِ كَثِير، وَلَم يَكمُل مِنَ النّساءِ إلا آسِيَةُ امرَأةُ فِرعَونَ وَمَريَمُ بِنتُ عِمرَانَ، وَخَديجَةُ بِنتُ خُوَيلِد، وَإنَّ فَضلَ عَائِشَةَ عَلَى النِّساءِ كَفَضلِ الثَّرِيدِ عَلَى سَائِرِ الطَّعَامِ/ متفق عليه/ زۆر کەس لە پیاوان پیاوی تەواوبوە، بەڵام لە ژنان جگە لەمانە کەسیان تەواو نەبوە، ئاسیەی ژنی فیرعەونو مەریەمی کچی عیمرانو خەدیجەی کچی خوەیلیدو بێگومان ڕێزی عائیشە لەناو ژناندا وەکو ڕێزی تریتی گۆشتاوە بەسەر هەمو خواردنەکانی تردا}.

سورەتی مولك ٦٧ — ٣٠

سورەتی مولك کە سورەتی شەستو حەوتەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، سی ئایەتە، وتراوە حەفتاو شەشەمین سورەتە بە گوێرەی دابەزینو پاش سورەتی " المؤمنون " و پێش سورەتی " الحاقة " دابەزیوە.

بە (المُنجِيَة) و (تَبارَكَ المُلْكُ)و (الوَاقِيَةُ)و (المَانِعَةُ) کە ڕزگارکەرو پارێزەرە لە سزای گۆڕ ناو براوە،پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: {إنَّ سُورَةً مِن كِتَابِ اللهِ مَاهِيَ إلّا ثلاثُونَ ايَةً شَفَعَت لِرَجُلٍ حَتّى أخرَجَتهُ مِنَ النّارِ يَومِ القِيَامَةِ وَأدخَلَتهُ الجَنَّةَ وَهِيَ سُورَةُ تَبَارك/ الحاكم، حسنه الألباني/ بێگومان لە پەڕاوەکەی خوادا سورەتێك هەیە کە هەر سی ئایەتە کە لە ڕۆژی قیامەتدا تکا دەکات بۆ مرۆڤ، هەتا لە ئاگری دەردەهێنێتو دەیخاتە ناو بەهەشتەوە ئەویش سورەتی "تەبارەکە"یە} ئیبنو مەسعود دەڵێت: {مَنْ قَرَأَ تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ كُلَّ لَيْلَةٍ مَنَعَهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ بِهَا مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَكُنَّا فِي عَهْدِ رَسُولِ اللهِ ﷺ نُسَمِّيهَا الْمَانِعَةَ وَإِنَّهَا فِي كِتَابِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ سُورَةٌ مَنْ قَرَأَ بِهَا فِي لَيْلَةٍ فَقَدْ أَكْثَرَ وَأَطَابَ/النسائي، حسنه الألباني/ هەرکەسێك هەموشەوێك تەبارەکەی مولك بخوێنێت، خوای دەسەڵاتدارو گەورە بەرگری دەکات لەسزای گۆڕو لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺبەمانعە ناومان دەبرد و بێگومان لەپەڕاوەکەی خوای دەسەڵاتداروگەورەدا سورەتێك هەیە هەر کەسێ لە هەر شەوێکدا بیخوێنێ بەحەقیقەت چاکەی زۆرتروپاکتری کردوە} جابیر دەڵێت: {كَانَ لَا يَنَامُ حَتَّى يَقْرَأَ الم تَنْزِيلُ وَتَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ / الترمذي، صححه الألباني/ نەدەخەوت هەتا ئەلیف،لام، میمی تەنزیل و تەبارەکەی مولکی دەخوێند}

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) بە فەڕو بەرەکەتەو چاکەی هەمولای گرتوەتەوە و ئەسەرەتای هەیەو نەکۆتاییو ئەو زاتەی کە خاوەنیەتی،وە ئەو بونەوەرە تایبەتی ئەوەو بەسەر هەمو شتێکدا توانای هەیە، جا چۆنی بییەوێت ئاوا دەکات، هەندێك بەرز

دەكاتەوەو هەندێك دەشكێنێتو هەندێك دەوڵەمەند دەكاتو هەندێكیش هەژار.

(٢) ئەو زاتەی كە مردنو ژیانی دروستكردوە، تا تاقیتان بكاتەوە تا هەر كەس بۆ خۆی دەركەوێت كە كامتان ئیشی جوانتر دەكەن، وەهەر خۆیەتی دەسەڵاتدارو لێبوردە. وتراوە مەبەست لە ﴿ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ﴾ دنیاو دوارۆژە واتە دنیامان بۆ مردنو دوارۆژمان بۆ ژیانی ئێوە دروستكردوە. وەمەبەست لە كرداری جوانتر ئەوەیە كەئەم دوو مەرجەی تێدابێت:
یەكەم ـ ئەو كردارە بەوشێوەیە بێت كە شەرع فرمانی پێداوە.
دووهەمیان ـ مەبەست هەر ﷲ بێتو بە نیەتێكی پاكو خاوێنەوە بكرێت، ئەگەر مەرجی یەكەمی تێدانەبو ئەوە بیدعەیەو تاوانە با نیەتەكەیشی پاك بێت، بەڵام ئەگەر مەرجی دوهەمی تێدا نەبو ئەو ریاكاریە. بۆ نمونە: شەرع بە رێكو پێك خوێندنی نوێژ فرمان دەدات، بەڵام ئەگەر نیەتەكە چاك نەبو ئەوە ئەو كردارە لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ، بە هاوبەشدانانێكی شاراوە ناو براوە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِمَا هُوَ أَخْوَفُ عَلَيْكُمْ عِنْدِي مِنْ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ قَالَ قُلْنَا بَلَى فَقَالَ الشِّرْكُ الْخَفِيُّ أَنْ يَقُومَ الرَّجُلُ يُصَلِّي فَيُزَيِّنُ صَلَاتَهُ لِمَا يَرَى مِنْ نَظَرِ رَجُلٍ/ابن ماجه، حسنه الألباني/ ئایا پێتان بڵێم كامەیە لەلای من لەدەجال مەترسی دارترە بۆتان ؟دەڵێ وتمان: بەڵێ. جافەرموی: هاوبەشدانانی شاراوەیە وەك ئەوەی كەپیاو هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی نوێژ جا كەبینی لە بەرچاوی پیاوەێكدایە نوێژەكەی جوان دەكات}

(٣) ئەو زاتەی كە حەوت ئاسمانی چین لەسەر چین دروستكردوەو لە دروستكراوەكانی ئەو زاتە بەسۆزەدا نابینی هیچ نارێكیەك هەبێت، جا هەم چاوت بگەڕێنەرەو پێیدا ئایا هیچ لەتبوونێكی پێوە دەبینی؟

(٤) پاشان چەندین جار چاوت بگەڕێنەوە پێیدا، جا چونكە هیچ نارێكی و لەت بونێك نابینێت چاوت بە داماویەوە دەگەڕێتەوە بۆ لات، كە هەناسە ساردو پەك كەوتوە لەوگەشتو گەڕانە بێسودەیدا .

(٥) جا بەحەقیقەت ئاسمانی نزیك لە ئێوەمان بە چراخان جوان كردوەو كردویشمانە بە دەمكوت بۆ شەیتانەكانو ئامادەمان كردوە بۆیان سزایەكی گڵپەدار.

(٦) ئەوسا بۆ ئەوانەی كە باوەڕیان بە پەروەردگاری خۆیان نیە سزای دۆزەخ هەیەو چ خراپە ئەو سەرئەنجامە بۆیان كە دۆزەخو ئاگرو ئاوی گەرمە،

(٧) هەر كاتێك فڕەبدرێنە ناویەوە گوێیان لە ناڵەو نركەیەتیو هەر دەكوڵێت.

(٨) نزیكە لە داخی تاوانباران شەق ببات كەهەر كاتێك كۆمەڵێكی تێ فڕەبدرێت، سەرپەرشتیاری دۆزەخ پرسیاریان لێ دەكات كە ئایا ترسێنەر نەهاتنە لاتانو باسی سەرئەنجامی خراپەكانتانی بۆ نەكردن؟

(٩) وتیان: بەرێ وە(ﷲ)ی ترسێنەر هاتە لامان بەڵام ئێمە باوەڕمان پێ نەكردنو وتمان خوا هیچی نەناردوەو ئێوە هەروان لەناو سەرلێشێواویەكی زۆرگەورەدا.

(١٠) وتیان: ئەگەر بمانبیستایەو ژیری خۆمان بەكار بهێنایەو باش حاڵی بوینایە، ئێستا ئێمە لەناو یارانی ناو گڵپەی ئاگردا نەدەبوین. بەڵێ: تاوانباران كە لە دنیادا گەمە بە باوەڕداران دەكەنوبەسادەونەزانیان دادەنێنو خۆیان بە ژیر دەزانن، لەوێدا دان بەگێلیو گەمژەیی خۆیاندا دەنێن بەڵام تازە ئەوئیعتیرافو دان پێدا نانە هیچ سودێكیان پێ نادات.

(١١) جا لەوێدا دان بەگوناهەكانی خۆیاندا دەنێن،چونكە بەنوسراویو بەوێنەو بەتەسجیل كراوی دەیخەنە رویانو بێجگە لەدان پێدانان هیچ چارەیەكی تریان نیە، ئەوسا پێیان دەوترێت: دووری لە رەحمەتی خوا بۆ ئەوانەی كە یارانی گڵپەی ئاگرنو دۆزەخین.

(١٢) بێگومان ئەو كەسانەی كە لە پەنامەكیدا لە پەروەردگاری خۆیان دەترسن لێخۆشبونو پاداشتی گەورەیان بۆهەیە لەلایەن پەروەردگاریانەوە.

وَأَسِرُّواْ قَوْلَكُمْ أَوِ ٱجْهَرُواْ بِهِۦٓۖ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١٣﴾ أَلَا
يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٤﴾ هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ
ٱلْأَرْضَ ذَلُولًا فَٱمْشُواْ فِى مَنَاكِبِهَا وَكُلُواْ مِن رِّزْقِهِۦۖ وَإِلَيْهِ ٱلنُّشُورُ
﴿١٥﴾ ءَأَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ ٱلْأَرْضَ فَإِذَا هِىَ
تَمُورُ ﴿١٦﴾ أَمْ أَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًاۖ
فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ ﴿١٧﴾ وَلَقَدْ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَكَيْفَ
كَانَ نَكِيرِ ﴿١٨﴾ أَوَلَمْ يَرَوْاْ إِلَى ٱلطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صَٰٓفَّٰتٍ وَيَقْبِضْنَۚ مَا
يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحْمَٰنُۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍۭ بَصِيرٌ ﴿١٩﴾ أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى
هُوَ جُندٌ لَّكُمْ يَنصُرُكُم مِّن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِۚ إِنِ ٱلْكَٰفِرُونَ إِلَّا فِى غُرُورٍ
﴿٢٠﴾ أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُۥۚ بَل لَّجُّواْ فِى عُتُوٍّ
وَنُفُورٍ ﴿٢١﴾ أَفَمَن يَمْشِى مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ أَمَّن يَمْشِى سَوِيًّا
عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٢٢﴾ قُلْ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُمْ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ
وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَۖ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿٢٣﴾ قُلْ هُوَ ٱلَّذِى ذَرَأَكُمْ
فِى ٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٢٤﴾ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ
صَٰدِقِينَ ﴿٢٥﴾ قُلْ إِنَّمَا ٱلْعِلْمُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٢٦﴾

(١٣) ئەوسا قسەكانتان بشارنەوە یان ئاشكرای بكەن لەلای ﷲ یەكسانەو پێی دەزانێت، بێگومان ئەو زانایە بەوەی كە لەناو دڵەكانداین،

(١٤) ئایا دەگونجێت ئەو كەسەی كە خۆی دروستكەرە نەزانێت بەوەی كە دروستیكردوە؟ خۆ هەر خۆیەتی وردبینو زۆر بەئاگاە. وتراوە ﴿ٱللَّطِيفُ﴾ واتە: ئەو زاتە كە ئاگاداری بە هەموشت هەیەو جا بە حیكمەتو زانایەو لەسەرخۆی بەرێوەیان دەبات،

(١٥) خۆی ئەو زاتەیە كە زەوی رام كردوە بۆ ئێوە، جا بە هەمو گۆشەو كەنارێكدا بگەڕێنو لە ڕۆزی ئەو زاتە بخۆنو گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئەوە. لێرەدا داوادەكات كە مرۆڤ جموجۆڵ بكات بۆ پەیداكردنی ڕۆزی خۆی، ئەمە دژی تەوەكول نیەو دەیخاتە پێش چاومانەوە كە هەر ئەم زەویەی كە بەفرمانی پەروەردگار رام كراوە دەشتوانێت بیكات بەئامێرێك بۆ سزا دانی مرۆڤ،

(١٦) ئایا ئێوە بێ ترسن لەو زاتەی كە لە سەر ئاسماندایە كە بەناو زەویدا بتانباتە خوارەوە، جا لەپڕدا زەوی بلەرزێت كە كەس فریای هیچ نەكەوێت؟ ئەم جۆرە چونەخوارەوە بەهۆی لەرزینی زەویە زۆرجار ڕویداوەو لەمەولاش زیاتر دەبێت، دەی بۆچی ئەوەندە لاسارو بێ گوێن؟!

(١٧) ئایا ئێوە بێ ترسن لەو زاتەی كە لەسەر ئاسماندایە كە بەرد بارانتان بكات، جا بەم زوانە دەزانن كە چۆن بوو ترساندنو سزای من بۆتان. ئەوسا چاوتان بەخۆتان دەكەوێ.

(١٨) بە حەقیقەت ئەوانەی پێش ئەوانیش باوەڕیان نەهێنا، جا بزانە چۆن بو دوژمنایەتی من بۆیانو چیان بەسەر هات، بۆچی ئەمانەی ئومەتی تۆش بیر لەوانە ناكەنەوە لەو نەزانیو نەفامیە دەست بكێشنەوە؟!

(١٩) ئایا ئەوان نابینن ئەو باڵندانەی كە لەسەریانەوەن چۆن باڵیان پان دەكەنەوەو پاش ئەوەش دەیلكێنن بەخۆیانەوە، جگە لە ڕەحمان هیچ كەسێكی تر ڕایان ناگرێت بە ئاسمانەوە، بێگومان كە ئەو بینەری هەمو شتێكەو هیچی لەپێش چاو ون نابێت.

(٢٠) ئایا جگە لە ڕەحمان كێیە ئەو كەسەی كە سەربازی ئێوە بێتو یارمەتیتان بدات؟ بەڕاستی كەسێكی ترتان نیە، خوانەناسان هەمیشە هەر لەناو لوت بەرزیوغەڕایی خۆیاندان، جا لەراستیدا ئەوان خەڵەتاون و بە هۆی نەفامی خۆیانەوە لەراستی دورخراون.

(٢١) ئەگەر ئەو ڕۆزی لێ گرتنەوە ئەوە كێیە كە ڕۆزی ئێوە بدات؟ هیچكەس نیە. بەڵكو ئەوان لە سەركەشیو لە دووركەوتنەوەدانو نایانەوێت خۆشبەخت ببن.

(٢٢) ئایا ئەو كەسەی بەسەر دەموچاویدا بڕوات باشتر ڕێگا دەزانێت یان ئەو كەسەی كە بە ڕێكوپێكیو ڕاوەستاوی بەسەر ڕێگای ڕاستدا بڕوات؟ ئەمە وێنە باوەڕدارو بێباوەڕە كە لەم دنیادا بەم شێوەنو لەدوارۆژیشدا هەروان، ئەنەسی كوڕی مالیك دەڵێت: {أَنَّ رَجُلًا قَالَ يَا نَبِيَّ اللَّهِ كَيْفَ يُحْشَرُ الْكَافِرُ عَلَى وَجْهِهِ قَالَ أَلَيْسَ الَّذِي أَمْشَاهُ عَلَى الرِّجْلَيْنِ فِي الدُّنْيَا قَادِرًا عَلَى أَنْ يُمْشِيَهُ عَلَى وَجْهِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ /متفق عليه/ بێگومان پیاوێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا خوانەناس

فَلَمَّا رَأَوْهُ زُلْفَةً سِيٓـَٔتْ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَقِيلَ هَٰذَا ٱلَّذِى
كُنتُم بِهِۦ تَدَّعُونَ (٢٧) قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَهْلَكَنِىَ ٱللَّهُ وَمَن مَّعِىَ
أَوْ رَحِمَنَا فَمَن يُجِيرُ ٱلْكَٰفِرِينَ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (٢٨) قُلْ هُوَ
ٱلرَّحْمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنَا فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ
(٢٩) قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَآؤُكُمْ غَوْرًا فَمَن يَأْتِيكُم بِمَآءٍ مَّعِينٍۭ (٣٠)

سُورَةُ القَلَمِ ٦٨ ٥٢

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

نٓ وَٱلْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ (١) مَآ أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ (٢)
وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ (٣) وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ (٤)
فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ (٥) بِأَييِّكُمُ ٱلْمَفْتُونُ (٦) إِنَّ رَبَّكَ هُوَ
أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ (٧) فَلَا تُطِعِ
ٱلْمُكَذِّبِينَ (٨) وَدُّوا۟ لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ (٩) وَلَا تُطِعْ كُلَّ
حَلَّافٍ مَّهِينٍ (١٠) هَمَّازٍ مَّشَّآءٍۭ بِنَمِيمٍ (١١) مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ
أَثِيمٍ (١٢) عُتُلٍّۭ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ (١٣) أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ
(١٤) إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ (١٥)

چۆن بەسەر دەم وچاویدا کۆدەکرێتەوە؟ فەرموی: ئایا ئەوکەسەی کە لەدنیادا بەسەر قاچیدا دەیبات ناتوانێت لەرۆژی قیامەتدا بەسەر دەمو چاویدا بیبات؟} پاداشت بەگوێرەی کردارە ئەوان لەدنیادا چاکیان بەخراپ داناوەو خراپیش بەچاك، جا لەوێدا بۆ رۆیشتن سەرو بن دەکرێن تا هەر بە بینینیان بناسرێنەوە.

(٢٣) بلێ خۆی هەر ئەو زاتەیە کە ئێوەی لە سەرەتاوە بەدیهێناوەو گوێو چاوو دڵانی بۆ ئێوە داناوە تا شت ببیستن و ببینن‌و لێی تێبگەن، بەڵام ئێوە کەمتر سوپاسی خودا دەکەن. ئەو نیعمەتانەی کەپێمان دراوە ئەمانەتن‌و دەبێ بۆ بەجێهێنانی فرمانەکانی پەروەردگار بەکاریان بهێنین تا خودا لەخۆمان رازی بکەین، ئەگینا خیانەتمان لەئەمانەت کردوە .

(٢٤) بلێ: ئەو خۆیەتی کە لەم زەویەدا دروستیکردون‌و سەر ئەنجامیش هەر بۆ لای ئەو کۆ دەکرێنەوە.

(٢٥) جا ئەو خوانەناسانە دەڵێن: ئەگەر ڕاست دەکەن کەی ئەو هەڕەشانەی کە وتوتانە ڕودەدەن‌و کەی ئەوبەڵێنە دێتە دی؟

(٢٦) بلێ: زانینی کاتی هاتنی ئەو هەڕەشانە هەر لەلای خودایەو من هەر ترسێنەرێکی ئاشکرام بۆ ئێوە. واتە ناتوانم لەو بارەوە هیچ بڕیارێك بدەمو نازانم کەی دێت.

(٢٧) ئەوسا کە ئەو هەڕەشەیان لە نزیکەوە بیست، ئەو کاتە ڕوی خوا نەناسان ڕەش دەبێت‌و دەوترێت ئەمەیە ئەو شتەی کە ئێوە باوەڕتان پێ نەدەکرد

(٢٨) بلێ: پیشانم بدەن بزانم ئەگەر خوا من‌و ئەوەی لەگەڵمدایە لەناوی ببات یان بەزەیی پێماندا بێتەوەو لێمان ببورێت‌و سزامان نەدات ئەوسا کێ خوانەناسان لە سزای بەژان دەپارێزێت؟ واتە ئەی بێ باوەڕان کە چاوەڕوانی مردنی من‌و باوەڕدان دەکەن لە مان یان نەمانی ئێمە، ئێوە چ سودێکتان دەستدەکەوێت دەبا، بگەڕێنەوە بۆ ڕێگای ڕاست‌و واز لە کوفر بهێنن، چونکە کەس ناتوانێت کافران لەسزای پەروەردگار بپارێزێت یان کەوابو هەوڵی ئەوە بدەن خوا خۆتان ڕزگار بکات، نەك هەر ئاواتتان ئەوە بێت کە خواناسان دوچاری سزابن ؟!

(٢٩) بلێ ئەو خۆی ڕەحمانەو باوەڕمان پێی هەیەو هەر بەو پشت دەبەستین، جا بەم زوانە دەزانن کە کێیە ئەو کەسەی لە گومڕایی ئاشکرادایەو کێیە کە بە خۆشبەختی پاشەڕۆژ دەگات.

(٣٠) بلێ: پێم بڵێن ئەگەر ئەو ئاوەی کە سەرچاوەی ژیانتانە بە ناخی زەویدا بچێتە خوارەوەو هیچی بۆ سەرنەیەت، ئەوسا کێیە کە ئاوی هەڵقوڵاو و کانی ئاوی بەتامو چاکتان لەناو ئەو خاکەدا بۆ دەردەهێنێت؟ جگە لە خوا کەس نیەو کەسیش ناتوانێت قومە ئاوێکی بێ خاك‌و خۆڵمان لەو زەویەدا بۆ دەربهێنێت، ئەگەر خوا ئاوەکان بەناخی زەویدا بباتە خوارەوە. بیربکەنەوەو لەخوا بترسن‌و لەو ئامۆژگاریە بەنرخانەی سوود وەرگرن. وشەی (صدر/ سینگەو مەبەستی دڵە، ئەمە بزانە بۆ هەمو شوێنەکانی تری لەم بابەتە، ناوبردنی شتە بەناو جێگەکەیەوە/تسمیة الشيء باسم المحل).

٦٨ سورەتی قەلەم ٥٢

سورەتی قەلەم کە سورەتی شەستو هەشتەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، پەنجاو دوو ئایەتەو سورەتی (ن)یشی پێ دەوترێت. لەو سورەتانەیە کە لە سەرەتای پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمانەوەﷺ دابەزیوە. وتراوە ئایەتی چل و چوارو ئایەتی چلو هەشتی بە ئایەتی "سەیف" نەسخ بونەتەوە. لە سورەتی پێشودا کە باس لە دەسەلاتی پەروەردگارو لە ناوچونی نیعمەتەکانی بە هۆی ناسوپاسی بەندەکانیەوە کرا، لەم سورەتەشدا بەسەرهاتی خاوەن بێستانانێك باس دەکات کە بەخیلی روی تێکردنو پەروەردگاریان لەبیرچو، جا پەروەردگار ئەو نیعمەتەی لەناوبردن، هەروەك لە سورەتی پێشودا بە وشەی: ﴿إِنْ أَصْبَحَ مَاؤُكُمْ﴾ ئاماژە بەوەدەکات کە چونی ئاوەکان بەناخی زەویدا لە شەودا رودەدات هەروەك لەناوچونی بێستانەکەی ئەمانەی کە لەم سورەتەدا باسیان دەکات لە کاتی شەودا روی داوە.

بەناوی اللهِ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ﴿نٓ﴾ لەو پیتانەیە کە لە سەرەتای هەندێك لە سورەتە کانەوە هاتوە کە ئەمە کۆتاییانە، زۆربەی زانایانی تەفسیر وتویانە هەر خوا خۆی دەزانێت مەبەستی چیە، هەندێکیش مانایان کردوە، سوێند بە قەڵەم کە یەکەم دروستکراوی خۆیەتیو سوێند بەو دێرانەی کە دەینوسن چ تۆمارکردنی قەڵەم بێت لە سەرەتاوە بۆ هەمو تەقدیرات چ نوسینی فریشتەکان بێت سەبارەت بە کردارو ڕۆژیو ماوەی تەمەنەکان یان هەر نوسینێك بێتو هی هەر کەس بێت کە بەڵگەی ژیریو لێزانی ئەم دروستکراوەی خوای خاوەن دەسەڵاتە. عوبادەی کوڕی سابت دەڵێت بیستم لە پێغەمبەرەوەﷺ کە فەرموی: { إِنَّ أَوَّلَ مَا خَلَقَ اللَّهُ الْقَلَمَ فَقَالَ لَهُ اكْتُبْ قَالَ رَبِّ وَمَاذَا أَكْتُبُ قَالَ اكْتُبْ مَقَادِيرَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ / ابوداود، صححه الألباني/ بێگومان یەکەم شتێ کە خوا دروستیکردوە قەڵەم بو، جا فەرموی: بنوسە وتی: ئەی پەروەردگارم ئامادەمو چی بنوسم؟ فەرموی: ئەندازەکانی هەمو شتێك هەتا قیامەت دێت بنوسە }

(٢) خوا سوێند بە قەڵەمو بەو نوسینانە دەخوات ،کە تۆ ئەی محمد ﷺبەهۆی چاکەی پەروەردگارتەوە شێت نیت.

(٣) بێگومان بۆ تۆ پاداشتێکی نەبڕاوە هەیە.

(٤) جا بێ شك تۆ لەسەر ڕەوشتێکی گەورەو بەرزی کە ڕەوشتیشی ئەو قورئانە بوە واتە تۆ لەسەر ئایینێکی گەورەیت، هەروەکو دایکی باوەڕداران عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) وتویەتی:{ خُلُقُهُ الْقُرْآنُ/مسلم وغيره/ ڕەوشتی ئەو قورئان بوە} واتە، ئەو پێغەمبەرە ﷺخۆی قورئانێکی زیندوو بوە.

(٥) ئەوسا بەم زوانە تۆ دەبینیتو ئەوانیش چاویان پێ دەکەوێت جا ئەوکاتەدەزانن. (٦)کە بە کامتانەوە شێتی هەیە. (٧) بێگومان پەروەردگارت هەر خۆی زاناترە بەو کەسەی کە لە ڕێگای ئەو لایداوەو هەر خۆیشی زاناترە بەو کەسەی کە ڕێگای خۆش بەختی گرتووەتە بەر، تۆ پێغەمبەری ئەو زاتەیتو لە تانەو تەشەرو قسەی پڕوپوچی ئەوان دڵتەنگو نائومێد مەبە خۆ اللهِ ﷻ بێ ئاگانیە لەوان.

(٨)ئەوسا بەگوێی بێ باوەڕان مەکە کە داوات لێدەکەن عەیبو عاری خواکانیانو پڕوپوچی ئاینەکایان باس نەکەیتو بێدەنگ بیت تازیاتر رسوانەبن.

(٩)ئەوان زۆریان پێخۆشە کە تۆ لەگەڵ ئەواندا بگونجێیتو لەسەر هەندێ لەوەی کە ئەوان باوەڕیان پێی هەیە لەگەڵیاندا ڕێك بکەویت یان لای کەم بێدەنگ بیت لەسەری، جا ئەوانیش ئەوکاتە خۆیان شل دەکەنەوەو هەوڵ دەدەن کەلەگەڵتدا بگونجێن، واتە ئەوانە ماندوو هەراسانن لە پیرۆزیو جموجۆڵی ڕاستی کە بە هەمو شێوەیەك دژایەتیان کردوە ، بەلام زۆری نەبردوە بە سەریاندا شکاوەتەوەو بینویانە کە دەستکەوتێکیان نەبوە، چونکە خوا خۆی یارمەتی ئایینی خۆی دەداتو هەمیشە کەسانی چالاكو گیان فیداو نەبەزی بۆ دروست دەکاتو

دەبێت بە سپێرێك لەبەردەم تەوژمی نەفامیو خوانەناسیو بێ بەندوباریدا کەلەلای ئەوان ئەمەشتێکی چاکە و پێشکەوتنەو بێ ئاگان لەوەی کە ئەمانە قەوانە کۆنە رزیوەکانی سەردەمی نەفامینو لەسەر دەستی پێغەمبەرانو پیاوچاکان بەهەزاران جار گۆڕ کراون، بەڵام شەیتانو دارو دەستەکەی هەمیشە ئەومردوە زیندو دەکەنەوەو بە پۆشاکێکی نوێ دایدەپۆشنو مرۆڤە سادەو ساویلکەکانی پێ فریو دەدەنو بەشتێکی پیرۆزی سەردەم کاوێژی دەکەنەوە! دەیانەوێت کە هەڵگری ئەم پەیامە خواییە هێورو شل بکەنەوە تا ئەوانیش وچانێك بدەنو پەرو باڵێکی زیاتر بۆ خۆیان دروست بکەن، جا خوا دەفەرموێت:

(١٠) نەکەی بەگوێی هیچ سوێند خۆرێکی سوك بکەیت.

(١١) کە هەمیشە خەریکی عەیب و عار دروستکردنە بۆ خواناسان، هەمیشە خەریکی دووزمانیە.

(١٢) زۆر رێگرە لە چاکەو دەستدرێژیکەرە، زۆرگوناهبارە.

(١٣) وشکی دڵرەقە پاش ئەو هەمو وەسفە ناشیرینانەش زۆڵەو خۆی سەپاندوە بەسەر ئەو بنەماڵەدا ، تا خۆی بەو بنەچەیە کە بەدرۆ خۆی سەپاندوەبەسەریاندا پلەوناوی خۆی بەرز بکاتەوە.

(١٤) ئەو دژایەتیەشی لەبەرئەوەیە چونکە خاوەنی ماڵو کوڕانەو بەوانە لەخۆی بایبوەوخۆی بێ نیاز دەزانێت.

(١٥) هەر کاتێك نیشانەکانی ئێمەی بەسەردا بخوێنرێتەوە لەباتی بیر کردنەوەو سودوەرگرتن دەڵێت: داستانە پرو پوچەکانی پێشینانە.

(١٦) ئێمەش بەم زوانە مۆرێك دەنێین بە لوتیدا (لێرەدا وێنەی ئەو بەدکارەی وەکو کەرکەدەنگ پیشانداوە ،چونکە ئەو خرتومی هەیە (لوتی درێژ) بەڕاستی مرۆڤ دەبێت لە خوا بترسێت ،چونکە هەر کەسێك دژایەتی خواو پێغەمبەر ﷺو بەرنامەکەی بکاتو لە سنور تێپەڕێت، بەدڵنیاییەوە ئەو کەسە خوا ئابروی دەبات هەروەك لەم سەردەمەیش چەندین کەسی ئاوامان دیو بینیمان چیان بەسەر هاتو

سَنَسِمُهُۥ عَلَى ٱلْخُرْطُومِ ﴿١٦﴾ إِنَّا بَلَوْنَٰهُمْ كَمَا بَلَوْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ إِذْ أَقْسَمُوا۟
لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ ﴿١٧﴾ وَلَا يَسْتَثْنُونَ ﴿١٨﴾ فَطَافَ عَلَيْهَا طَآئِفٌ مِّن رَّبِّكَ
وَهُمْ نَآئِمُونَ ﴿١٩﴾ فَأَصْبَحَتْ كَٱلصَّرِيمِ ﴿٢٠﴾ فَتَنَادَوْا۟ مُصْبِحِينَ ﴿٢١﴾ أَنِ
ٱغْدُوا۟ عَلَىٰ حَرْثِكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰرِمِينَ ﴿٢٢﴾ فَٱنطَلَقُوا۟ وَهُمْ يَتَخَٰفَتُونَ ﴿٢٣﴾
أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا ٱلْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ ﴿٢٤﴾ وَغَدَوْا۟ عَلَىٰ حَرْدٍ قَٰدِرِينَ ﴿٢٥﴾ فَلَمَّا
رَأَوْهَا قَالُوٓا۟ إِنَّا لَضَآلُّونَ ﴿٢٦﴾ بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ ﴿٢٧﴾ قَالَ أَوْسَطُهُمْ أَلَمْ أَقُل
لَّكُمْ لَوْلَا تُسَبِّحُونَ ﴿٢٨﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَأَقْبَلَ
بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَلَٰوَمُونَ ﴿٣٠﴾ قَالُوا۟ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا طَٰغِينَ ﴿٣١﴾ عَسَىٰ
رَبُّنَآ أَن يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِّنْهَآ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا رَٰغِبُونَ ﴿٣٢﴾ كَذَٰلِكَ ٱلْعَذَابُ وَلَعَذَابُ
ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾ إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ
﴿٣٤﴾ أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٣٥﴾ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿٣٦﴾ أَمْ
لَكُمْ كِتَٰبٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ ﴿٣٧﴾ إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ ﴿٣٨﴾ أَمْ لَكُمْ أَيْمَٰنٌ
عَلَيْنَا بَٰلِغَةٌ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ ﴿٣٩﴾ سَلْهُمْ أَيُّهُم
بِذَٰلِكَ زَعِيمٌ ﴿٤٠﴾ أَمْ لَهُمْ شُرَكَآءُ فَلْيَأْتُوا۟ بِشُرَكَآئِهِمْ إِن كَانُوا۟ صَٰدِقِينَ ﴿٤١﴾
يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ وَيُدْعَوْنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٤٢﴾

چۆن هەرلە دنیادا الله ﷻ سزای گاڵتە پێکەری خۆی بەسەردادان، لەراستیدا ئەوەشتێکی زۆر کەمە سزای گەورە لە دوارۆژدا دەبێت، خوا دەفەرموێ:﴿بەدڵنیاییەوەپێش هاتنی سزای گەورەترسزای دنیایان پێدەچێژین بەڵکو لە خراپە و تاوان بگەڕێنەوە﴾ سەجدە:٢١ .

(١٧) بێگومان ئێمە ئەوانمان تاقیکردەوە بە بێ بارانیو قاتوقڕی هەروەکو چۆن خاوەنی ئەو باخچەیەمان تاقیکردەوە کاتێك کە سوێندیان خوارد کە ئەو باخەیان بەیانی زوو بۆ خۆیان بچنو بەشی کەسی لێ نەدەن.

(١٨) و (إنشاء الله)یشیان نەکرد. (١٩) ئەوسا کە ئەوان هەر لە خەودا بوون لەلایەن پەروەردگارتەوە بەڵایەك دای بەسەر ئەو باخەداو سوتاندی. (٢٠) جا هەروەکو چەرمی ڕەشی لێکرد. (٢١) جا بەیانی کە لە خەو هەستان بانگی یەکتر یان کرد.

(٢٢) کە بەیەکتریان وت: ئەگەر دەتانەوێت میوەی خۆتان بچنو کەس پێتان نەزانێت دەی بابەم بەیانیە زوە بگەنە سەر باخەکەتان.

٢٣ جا ئەوان ڕۆیشتن و لەنێوان خۆیاندا بەچپە قسەیان
دەکرد.
٢٤ دەیان وت: نابێ هیچ هەژارێك ئەمڕۆ پێتان بزانێتو
بێتە ناو ئەم باخەوە با خۆمان شتێکی زۆرمان بەرکەوێت.
٢٥ بەیانی زوو ڕۆینو پێیان وابو کە دەتوانن بەرگری
فەقیر لەو باخە بکەن تاهەموی هەر بۆ خۆیان بێت.
٢٦ جا لەکاتێکدا کە ئەو باخەیان بینی کە هەموی
سووتاوەو هیچ شینایییەکی تێدا نەماوەو هەموی ڕەش
بوەتەوە ،کە لە باخ ناکات وتیان: بەڕاستی ئێمە ڕێگامان
هەڵەکردوە، پاش وردبوونەوەیەك زانیان ڕاست هاتونو
هەر ئەمەیە باخەکەیان کە وای بەسەرهاتوە.
٢٧ وتیان: نەخێر ڕێمان لێ ون نەبوە بەڵکو نائومێدو
بەش براوین.
٢٨ باشترین کەسیان وتی: ئەی من پێم نەوتن ئێوە
تەسبیحات بکەنو ﷲ بە بێ عەیبو بێ نیاز بزاننو لەو
هەڵوێستە نارێكو دور لە ڕەوشتی خوا پەرستایەتی
پەشیمان ببنەوە.
٢٩ وتیان: پاكو بێ عەیبە پەروەردگارمان، بێگومان
ئێمەین ستەمکار.
٣٠ جا لەسەر ئەوهەڵوێستە خراپەیان هەندێکیان ڕووی
گازندەو سەرزەنشتیان لە هەندێکیان کرد.
٣١ وتیان: وای بۆ ئێمە بێگومان کە ئێمە ناحەقیمان کرد
کە ئەو بڕیارەمان دا کەبەشی هەژاران نەدەینو
بەرهەمەکەی هەموی هەر بۆ خۆمان بێت.
٣٢ نزیکە بەهۆی پەشیمان بونەوەمان پەروەردگارمان
چاکتر لەم باخەمان پێ بدات، بێگومان ئێمە هەر ڕومان لە
پەروەردگاری خۆمانە. دەڵێن ئەمانە خەڵکی شاری زەرەوان
لە شەش کیلۆمەتری سەنعادا بوون، هەندێك دەڵێن:
خەڵکی حەبەشە بوون ، کە باوکیان ئەو باخچەیەی بۆ
بەجێ هێشتبونو خاوەنی پەڕاو بون، بەشێوەیەکی جوان
باوکیان لەو باخە ڕەفتای دەکرد، بەشێکی لەناو باخەکەدا
بۆ کەسانێك کە بەناویدا هاتوچۆ بکەن تا سودی لێ
وەرگرنو بەشی ساڵێکیماڵو منداڵی خۆی لێ هەڵدەگرتو
باقی دەدا بە فەقیرو کەمدەستان، پاش خۆی منداڵەکانی
وتیان: باوکمان نەزان بوە شتی وای کردوەو بەشی فەقیرو
کەمدەستانی داوە ، ئێمە ئەو بەشە نادەین تا خۆمان سودی
زیاترمان دەستکەوێت، بەڵام خوا بەدژی بۆچونەکەی
خۆیان سزای دانو بە ئاگری قودرەتی خۆی ئەو باخەی
سوتاند بەشبڕاوونائومێدی کردن نەخۆیانو نە خەڵك لەو
باخچەیە ،جگە لە نەمانو نائومێدیو ماڵوێرانی کوڕەکانی
سوودێکی تریان نەبرد.
٣٣ هەر ئاوەهایە سزای خودا بۆ ستەمکارانو بێ ڕەحمان،
بێگومان ئەگەر ئەوانە بزانن سزای ڕۆژی دوای لەمەش
گەورەترە، پاش باسی سزای تاوانباران جا پەروەردگار باسی
پارێزکاران دەکاتو دەفەرموێ:
٣٤ بێگومان بۆ پارێزکاران لەلای پەروەردگاری خۆیان
باخچەگەلی نازو نیعمەت هەیە نە لەناودەچێتونە خراپ
دەبێتو نە لێیشیان قەدەغە دەکرێت.
٣٥ ئایا ئێمە موسڵمانان وەکو تاوانباران دادەنێین؟ وەکو
یەك حیسابیان بۆ دەکەین؟ نەخێر.
٣٦ چیتانەو چۆن ئاوا بڕیارێك دەدەن کەئێمە چاك و
خراپ وەك یەك تەماشاکەین؟!
٣٧ ئەوە باس مەکە، ئایا ئێوە پەڕاوێکتان هەیە کە
بیخوێننەوە لەناوایدا ئەوە نوسرابێت ،
٣٨ کە بێگومان ئێوە چیتان دەوێت لەم دنیادا ئاوا
هەڵبژێرنو ئەو دنیایش هەر بە ئارەزۆی ئێوە بێت؟
٣٩ ئەوەش واز لێ بێنە، ئایا بۆ ئێوە هەیە لەسەر ئێمە
پەیمانێکی بتەو کە هەتا قیامەت کە وتبێتمان بێگومان بۆ

ئێوە هەیە ئەو بڕیارەی کە دەیدەن؟ واتە، هەرخۆتان خاوەنی بڕیارن و کەس قسە لە قسەتاندا نەکات؟

(٤٠) دەی پرسیاریان لێ بکە بزانە کامیان بەو ئەرکە هەڵدەستێت‌و ئەوقسانەیان بۆ دەباتەسەر؟

(٤١) ئەوەش واز لێ بێنە، ئایا هاوبەشانێکیان لەلای خوا هەیە کە ئەوەی مەبەستی ئەوانبێت وایان بۆبکات؟ ئەگەر ڕاست دەکەن‌و هەیانە دەبا بیهێنن.

(٤٢) جا ﷲ کاتێك فەرموی بۆ پارێزکاران باخچەیان‌و نازو نیعمەت هەیە، ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە کە کەی ئەو شتە بەنرخە دەبێت‌و دەفەرموێت: ئەو ڕۆژەیە کە لاق ڕووت دەکرێت ،واتە: ڕۆژی قیامەت‌و ئەو ڕوداوە گرینگانەی ئەو کاتە لە بومەلەرزەکان‌و تاقیکردنەوەکان‌و ئەو کارەسات‌و بەڵا گەورانەی کە لەو کاتەدا پەیدادەبن ،جا ئەو کاتە بانگ دەکرێن بۆ سوجدە دووڕووەکان ناتوانن سوجدە ببەن. لە فەرمودەی سەحیحدا هاتوە کە ئەبو سەعیدی خدری دەڵێت: لە پێغەمبەرەوە ﷺ بیستم کە دەیفەرمو: {يَكشِفُ رَبُّنا عَن سَاقِهِ فَيَسجُدُ لَهُ كُلُّ مُؤمِنٍ وَمُؤمِنَةٍ، وَيَبقَى مَن كَانَ يَسجُدُ فِي الدُّنيَا رِيَاءً وَسُمعَةً فَيَذهَبُ لِيَسجُدَ فَيَعُودُ ظَهرُهُ طَبَقاً وَاحِداً/ پەروەردگارمان قاچی خۆی (کەچونیەتیەکەی نادیارەو بەوشێوەیە کە شایانی ئەو زاتەیە) دەردەخات ، ئەو کاتە هەمو پیاو و ژنێکی باوەڕدار سوجدە دەبەن بۆ ﷲ، دەمێنێتەوە ئەو کەسەی کە لە دنیادا نوێژکردنەکەی تەنها بۆ خۆپیشاندان‌و ناوو شۆرەت بوە ، جا ئەوە کاتێك دەیەوێت سوجدە ببات پشتی دەبێت بەیەك تەختەو ناتوانێت سوجدە ببات}.

(٤٣) چاوشۆڕن‌و دوچاری سەرکزی بوون‌و بە حەقیقەت ئەوانە لە دنیادا کە ساغ‌و سەلامەت بون بانگ کران بۆ سوجدە بردن‌و نوێژکردن بەڵام گوێیان بەو بانگەوازە ڕاستەقینە نەدا. واتە: ئەمڕۆ شەرمەندەو سەرشۆڕن، ئەمەش بەڵگەی سۆزی خودایە بۆ بەندەکانی پێش دوچاربونیان بە تەنگ‌و چەڵەمە ڕێگایان بۆ ڕون دەکاتەوەو حەقیقەتی سەرئەنجامیان بۆ باس دەکات ، تا بەڵکو بیربکەنەوەو بەو سەرئەنجامە خراپە گرفتار نەبن،

خَٰشِعَةً أَبۡصَٰرُهُمۡ تَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۖ وَقَدۡ كَانُواْ يُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ وَهُمۡ سَٰلِمُونَ
(٤٣) فَذَرۡنِي وَمَن يُكَذِّبُ بِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِۖ سَنَسۡتَدۡرِجُهُم مِّنۡ حَيۡثُ
لَا يَعۡلَمُونَ (٤٤) وَأُمۡلِي لَهُمۡۚ إِنَّ كَيۡدِي مَتِينٌ (٤٥) أَمۡ تَسۡـَٔلُهُمۡ أَجۡرٗا فَهُم
مِّن مَّغۡرَمٖ مُّثۡقَلُونَ (٤٦) أَمۡ عِندَهُمُ ٱلۡغَيۡبُ فَهُمۡ يَكۡتُبُونَ (٤٧) فَٱصۡبِرۡ
لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلۡحُوتِ إِذۡ نَادَىٰ وَهُوَ مَكۡظُومٞ (٤٨) لَّوۡلَآ
أَن تَدَٰرَكَهُۥ نِعۡمَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ لَنُبِذَ بِٱلۡعَرَآءِ وَهُوَ مَذۡمُومٞ (٤٩) فَٱجۡتَبَٰهُ رَبُّهُۥ
فَجَعَلَهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ (٥٠) وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزۡلِقُونَكَ بِأَبۡصَٰرِهِمۡ
لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكۡرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجۡنُونٞ (٥١) وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ (٥٢)

٦٩ سُورَةُ الحَاقَّةِ ٥٢

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلۡحَآقَّةُ (١) مَا ٱلۡحَآقَّةُ (٢) وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحَآقَّةُ (٣) كَذَّبَتۡ ثَمُودُ
وَعَادُۢ بِٱلۡقَارِعَةِ (٤) فَأَمَّا ثَمُودُ فَأُهۡلِكُواْ بِٱلطَّاغِيَةِ (٥) وَأَمَّا
عَادٞ فَأُهۡلِكُواْ بِرِيحٖ صَرۡصَرٍ عَاتِيَةٖ (٦) سَخَّرَهَا عَلَيۡهِمۡ
سَبۡعَ لَيَالٖ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومٗاۖ فَتَرَى ٱلۡقَوۡمَ فِيهَا صَرۡعَىٰ
كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ نَخۡلٍ خَاوِيَةٖ (٧) فَهَلۡ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٖ (٨)

بەڵام زۆربەی پەیڕەوی ڕاستی ناکات‌و بەدوای ڕاستیدا ناگەڕێت.

(٤٤) ساتۆ وازم لێ بێنە بۆ ئەو کەسەی کە باوەڕ بەم قورئانە ناکات هێواش هێواش لێی دەگۆڕین تا دەیخەینە داوەوە بێ ئەوەی خۆی هەست بە هیچ بکات.

(٤٥) جا ماوەیشیان پێ دەدەم بێگومان کە فێڵی من بەوان زۆر سەخت‌و ئاڵۆزەو لێی دەرباز نابن .(کید — مکر) بە مانای ئەنجامدانی کارێکە لە پشت پەردەوە دەرحەق بە کەسێك کە خۆی نەزانێ هەتا دەکەوێتە ناو داوەکەوە، لە دنیادا ئەو کەسانەی ئەوە دەکەن لە ترسا پێویستیان بەو کارە هەیە، بەڵام خوا زۆربەی سزاو تۆڵەکانی هەر ئاوایە ، چونکە کەس نازانێت خودا چی دەکات تا بەڵاکە دادەبەزێت نەك ئەمە لە ترسا بێت، بەڵکو لەبەر شاراوەیی کارەکەیەو شێوەی (مەکر یان -کید- یان حیلە)ی هەیە لەبەر شێوەیەکەیەتی ، بۆیە ئەو کارانەی ﷲ بەو ناوە باسکراوە ئەگینا ﷲ لە کەس ناترسێت‌و هیچ شتێکیش

ناتوانێت ببێت به بەرپەرچ لە ڕێگای فرمانەكانیدا ،جا ئەمە بە (المُشَاكَلە) ناو دەبرێت.

(٤٦) واز لەوەش بهێنە، ئایا تۆ لەسەر ئەم بانگەوازەت داوای پاداشتیان لێ دەكەیت ،جا ئیتر ئەوانیش لەبەر ئەو پاداشتە باریان گران بێتو نەتوانن بیدەن ،بۆیە باوەڕت پێ ناكەن؟

(٤٧) یان لەلای ئەوان (لوح المحفوظ) هەیە جا ئەوان خۆیان چۆنیان دەوێت ئاوای بنوسن؟ ئاشكرایە كە ئەوخوا نە ناسانە هیچ كام لەمانەیان نیە، هەر سەرلێشێواو و لوت بەرزو خۆنەناسن بۆیە خوایش ناناسن.

(٤٨) جا تۆ خۆت بگرە لەسەر ئەو ئێشو ئازارو تانەو تەشەرو سزادانەی یارەكانت لە بەر فرمانی پەروەردگارت وەكو خاوەنی ماسیەكە (یونس) مەبە ، كە خۆی نەگرت دەرچو بەر لەوەی فرمانی خوای بۆ بێت ، جا كەوتە ناو دەریاو ماسی قوتی داو لەناو سكیدا دڵ پڕلە غەمو پەژارەبو ئەو كاتەی كە بانگی كردە پەروەردگاریو دانی بە هەڵەی خۆی دا نا وەك لە سورەتی (الصافات)دا باسكرا.

(٤٩) ئەگەر چاكەی پەروەردگاری فریای نەكەوتایە لەو چۆڵاییەدا فڕە دەدراو ئەو لە لۆمەكراوان دەبو.

(٥٠) جا خوا هات بەهانایەوەو كردی بە پێغەمبەر بۆ سەر گەلێكی ترو لە ڕیزی پیاوچاكاندا داینا.

(٥١) خۆ نزیكبو خوانەناسان هەر بە چاویان هەڵت دێرن كاتێك كە قورئانیان بیست. بەراستی چاوكاریگەری خۆی هەیە لە خەڵك هەروەك پێغەمبەرمان ﷺفەرمویەتی: {العَینُ حَقٌ/ چاو ڕاستەو كاریگەری هەیە لە مرۆڤدا بەئیزنی خوا}.

(٥٢) جا ئەوەی كە تۆ دەیخوێنیتەوە بەسەریاندا هەر قورئانێكە لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوەیە نە محمد ﷺجادوگەرو شێتە نە قورئانیش جادوە، بەڵكوفەرمودەی خودایەو كەموكوڕی تێدانیە.

(٦٩) سورەتی حاقە (٥٢)

سورەتی حاقە كە سورەتی شەستونۆهەمی قورئانە كە بەكۆی دەنگ لە مەكەدا هاتوەتە خوارەوە، پەنجاو دوو ئایەتە.

لە سەرەتای ئەم سورەتەدا وەشەی"الحَاقَّةُ" هاتوەو هەر بەم ناوەش ناسراوە ئەم وشەیە لە قورئاندا تەنها لەم سورەتەدا هاتوە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین حەفتاو حەوتەمین سورەتە كە پێش سورەتی " المعارج " و پاش سورەتی "تبارك" دابەزی وە.

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆزی بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەوەی كەراستەو دێتەدی

(٢) كامەیە ئەوەی كە دێتە دی؟

(٣) تۆ نازانی ئەوەی كە دێتەدی چۆنەو چ كارەساتێكی گەورە ڕودەدات كەهاتنی قیامەتە بەهەمو ڕوداوەكانیەوە؟ پاشان خوا باسی ئەو گەلانە دەكات كە باوەڕیان بەو قیامەتە نەبوەو دەفەرموێ:

(٤) گەلی سەمودو عاد باوەڕیان نەبو بە قیامەت كە بە (القَارِعَة/ كوتێنەر) ناوبراوە،چونكە بە توندی دڵەكان دەكوتێت.

(٥) ئەوسا سەمود كەگەلی صالح پێغەمبەرە عليه السلام بەهۆی سەركەشیانەوە لەناوبران.

(٦) بەڵام عادی گەلی هود پێغەمبەر عليه السلامبەهۆی بایەكی ساردی توندەوە لەناوبران . پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {نُصِرْتُ بِالصَّبَا وَأُهْلِكَتْ عَادٌ بِالدَّبُورِ/متفق عليه/ من بە بای بەیانی یارمەتی درامو عادیش بە بای شەماڵ لەناوبران}

(٧) كە حەوت شەو و هەشت ڕۆژ بەبێ پسانەوە زاڵی كرد بەسەریاندا، جا تۆ ئەو گەلە دەبینیت كە لە جێگای خۆیاندا چەنومڵ كەوتون هەروەكو دار خورمای ناو كرۆڵ.

(٨) جا ئایا تۆ كەسێك دەبینیت لەوان كە مابێتەوە؟ نەخێر.

(٩) فیرعەونو ئەوانەی پێش ئەویشو خەڵكی شارە سەروبنكراوەكانیش تاوانیان كرد.

(١٠) جا نافرمانی پێغەمبەری پەروەردگاری خۆیانیان كرد ، ئەوسا خۆ تۆڵەی لێ كردنەوە بە تۆڵەكردنەوەیەكی سەختو دەردناك.

(١١) كاتێك كەئاو ئەوەندە زۆربو لە بگاردا نەما ئێمە ئێوەمان لەو كەشتیە گەورەدا هەڵگرت، مەبەست باپیرانی ئێمەیەو كەشتی نوح پێغەمبەرە‌ﷺ.

(١٢) تا بۆ ئێوە ببێت بە وانەیەكو لەو گوێچكانەی كە هەستیارن بزرنگێتەوەوخۆیان لەوروەشتە ناپەسەندەی ئەوان بپارێزن. (١٣) ئەوسا هەر كاتێك یەكجار فووكرا بە كەڵەشاخداو سەرەتای كارەسات دەستی پێكرد.

(١٤) جا زەوی پانكرایەوەو چیاكان وردو ڕێزاڵ كران.

(١٥) ئینجا ڕووداوەكە لەو ڕۆژەدا ڕودەدات بەڵێ بەراستی كارەساتە چ كارەساتێك، زەوی وەكو چەرم ڕادەكێشرێتو چیاكان وردو ڕێزاڵ دەبن.

(١٦) جا ئاسمانیش لەت دەبێت ، ئەوسا ئەو ئاسمانە بتەو و محكەمە لەو ڕۆژەدا لاوازو فشۆڵ دەبێت.

(١٧) جا فریشتەكان لە هەمو لایەكی ئەو ئاسمانەوەنو تەختی پەروەردگارت لەسەر ئەوانەیەو هەشت فریشتە یان هەشت بەش لەو ڕۆژەدا هەڵیانگرتوە. لەپێغەمبەرەوە هاتوە ﷺكەفەرمویەتی: { أُذِنَ لِي أَنْ أُحَدِّثَ عَنْ مَلَكٍ مِنْ مَلَائِكَةِ اللَّهِ مِنْ حَمَلَةِ الْعَرْشِ إِنَّ مَا بَيْنَ شَحْمَةِ أُذُنِهِ إِلَى عَاتِقِهِ مَسِيرَةُ سَبْعِ مِائَةِ عَامٍ/ ابوداود، صححه الألباني/ ماوەم پێدراوە كە باسی فریشتەیەك لەفریشتەكان لەوانەی كەهەڵگری عەرشن بكەم كە بەراستی لەنێوان نەرمە گوێی هەتا شانی حەو سەد ساڵ ڕێگایە}.

وَجَآءَ فِرۡعَوۡنُ وَمَن قَبۡلَهُۥ وَٱلۡمُؤۡتَفِكَٰتُ بِٱلۡخَاطِئَةِ ﴿٩﴾ فَعَصَوۡاْ رَسُولَ
رَبِّهِمۡ فَأَخَذَهُمۡ أَخۡذَةٗ رَّابِيَةً ﴿١٠﴾ إِنَّا لَمَّا طَغَا ٱلۡمَآءُ حَمَلۡنَٰكُمۡ فِي ٱلۡجَارِيَةِ
﴿١١﴾ لِنَجۡعَلَهَا لَكُمۡ تَذۡكِرَةٗ وَتَعِيَهَآ أُذُنٞ وَٰعِيَةٞ ﴿١٢﴾ فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ
نَفۡخَةٞ وَٰحِدَةٞ ﴿١٣﴾ وَحُمِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ وَٱلۡجِبَالُ فَدُكَّتَا دَكَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴿١٤﴾
فَيَوۡمَئِذٖ وَقَعَتِ ٱلۡوَاقِعَةُ ﴿١٥﴾ وَٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَهِيَ يَوۡمَئِذٖ وَاهِيَةٞ
﴿١٦﴾ وَٱلۡمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرۡجَآئِهَاۚ وَيَحۡمِلُ عَرۡشَ رَبِّكَ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ ثَمَٰنِيَةٞ
﴿١٧﴾ يَوۡمَئِذٖ تُعۡرَضُونَ لَا تَخۡفَىٰ مِنكُمۡ خَافِيَةٞ ﴿١٨﴾ فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ
كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقۡرَءُواْ كِتَٰبِيَهۡ ﴿١٩﴾ إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَٰقٍ
حِسَابِيَهۡ ﴿٢٠﴾ فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ ﴿٢١﴾ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٖ ﴿٢٢﴾
قُطُوفُهَا دَانِيَةٞ ﴿٢٣﴾ كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ هَنِيٓـَٔۢا بِمَآ أَسۡلَفۡتُمۡ فِي ٱلۡأَيَّامِ
ٱلۡخَالِيَةِ ﴿٢٤﴾ وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ فَيَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُوتَ كِتَٰبِيَهۡ
﴿٢٥﴾ وَلَمۡ أَدۡرِ مَا حِسَابِيَهۡ ﴿٢٦﴾ يَٰلَيۡتَهَا كَانَتِ ٱلۡقَاضِيَةَ ﴿٢٧﴾ مَآ أَغۡنَىٰ
عَنِّي مَالِيَهۡۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴿٢٩﴾ خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ ٱلۡجَحِيمَ
صَلُّوهُ ﴿٣١﴾ ثُمَّ فِي سِلۡسِلَةٖ ذَرۡعُهَا سَبۡعُونَ ذِرَاعٗا فَٱسۡلُكُوهُ ﴿٣٢﴾ إِنَّهُۥ
كَانَ لَا يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٣٣﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ﴿٣٤﴾

(١٨) ئەو ڕۆژە ئێوە دێننە مەیدانەوەو ڕادەنوێنرێن بۆ حیسابو هیچ شتێكی شاراوەی ئێوە ناشاردرێتەوەو هەموی ئاشكرا دەبێت. جا كارەسات هەیە لەو كارەساتە گەورەو سەختو شەرمەزاری هێنەرە گەورەتر بێت؟

(١٩) ئەوسا ئەو كەسەی كە بەدەستی ڕاستی نامەی كردارەكانی پێ بدرێت جالەخۆشیاندا هاوار دەكاتو دەڵێت: بگرنو بیخوێننەوە نامەی كرارەكانم.

(٢٠) بێگومان من دڵنیابوم كە دەگەم بە حیسابی خۆم بۆیە باش خۆم بۆ ماندو كرد.

(٢١) جا خوایش دەفەرموێ: جا ئەو كەسە لەناو ژیانێكدایە كە ژیانێكی خۆشو هیچ ناخۆشیەكی تێدانیە بۆی .

(٢٢) لەناو باخچەیەكدایە كە جێگاو كۆشكو درەختانی هەمویان بەرزن.

(٢٣) كە هێشوی میوەی ئەو باخچەیە هەرچەند بەرزیش بێت نزیك دەبێتەوە بۆ خاوەنەكەی.

(٢٤) جا پێیان دەوترێت بخۆنەوە نۆشی گیانتان بێت بەهۆی ئەو ئیشە باشانەی كە دەستپێشخەریتان كردبو بۆی

فَلَيْسَ لَهُ ٱلْيَوْمَ هَٰهُنَا حَمِيمٌ (٣٥) وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ (٣٦) لَّا يَأْكُلُهُۥٓ
إِلَّا ٱلْخَٰطِـُٔونَ (٣٧) فَلَآ أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ (٣٨) وَمَا لَا تُبْصِرُونَ (٣٩)
إِنَّهُۥ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ (٤٠) وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ ۚ قَلِيلًا مَّا تُؤْمِنُونَ (٤١)
وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ (٤٢) تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ (٤٣) وَلَوْ
تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ ٱلْأَقَاوِيلِ (٤٤) لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِٱلْيَمِينِ (٤٥) ثُمَّ لَقَطَعْنَا
مِنْهُ ٱلْوَتِينَ (٤٦) فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَٰجِزِينَ (٤٧) وَإِنَّهُۥ لَتَذْكِرَةٌ
لِّلْمُتَّقِينَ (٤٨) وَإِنَّا لَنَعْلَمُ أَنَّ مِنكُم مُّكَذِّبِينَ (٤٩) وَإِنَّهُۥ لَحَسْرَةٌ عَلَى
ٱلْكَٰفِرِينَ (٥٠) وَإِنَّهُۥ لَحَقُّ ٱلْيَقِينِ (٥١) فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ (٥٢)

٧٠ سُورَةُ المَعَارِج ٤٤

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَأَلَ سَآئِلٌۢ بِعَذَابٍ وَاقِعٍ (١) لِّلْكَٰفِرِينَ لَيْسَ لَهُۥ دَافِعٌ (٢) مِّنَ
ٱللَّهِ ذِى ٱلْمَعَارِجِ (٣) تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى
يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ (٤) فَٱصْبِرْ صَبْرًا جَمِيلًا (٥)
إِنَّهُمْ يَرَوْنَهُۥ بَعِيدًا (٦) وَنَرَىٰهُ قَرِيبًا (٧) يَوْمَ تَكُونُ ٱلسَّمَآءُ كَٱلْمُهْلِ
(٨) وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ (٩) وَلَا يَسْـَٔلُ حَمِيمٌ حَمِيمًا (١٠)

لەو زەمانەی دنیادا کە ڕۆیشت. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ اللَّهَ يُدْنِي الْمُؤْمِنَ فَيَضَعُ عَلَيْهِ كَنَفَهُ وَيَسْتُرُهُ فَيَقُولُ أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا فَيَقُولُ نَعَمْ أَيْ رَبِّ حَتَّى إِذَا قَرَّرَهُ بِذُنُوبِهِ وَرَأَى فِي نَفْسِهِ أَنَّهُ هَلَكَ قَالَ سَتَرْتُهَا عَلَيْكَ فِي الدُّنْيَا وَأَنَا أَغْفِرُهَا لَكَ الْيَوْمَ فَيُعْطَى كِتَابَ حَسَنَاتِهِ وَأَمَّا الْكَافِرُ وَالْمُنَافِقُونَ فَيَقُولُ الْأَشْهَادُ هَؤُلَاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى رَبِّهِمْ أَلَا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ/ البخاري/ بێگومان کە الله ﷻ لەباوەڕدارەوە نزیك دەبێتەوە ئینجا باڵی دەخێتە سەری‌و دایدەپۆشێت ئەوسا دەفەرموێ: ئایا فلاّن گوناهت دەزانی؟ ئایا فلاّن گوناهت دەزانی ؟جا یەژێ: بەڵێ ئەی پەروەردگارم، هەتاوای لێ دەکات کە دان بە گوناهی خۆیدا بنێت، ئیتر پێی وایە تازە لەناوچوە، الله دەفەرموێ: لەدنیادا بۆم شاردیتەوەو ئەمڕۆش لێت خۆش دەبم جا نامەی چاکە کانی پێدەدرێت بەڵام بۆ خوا نەناس‌و دوورو ئەوسا شایەتەکان لەبارەیانەوەدەڵێن: ئا ئەوانە درۆیان بەدەم پەروەردگاری خۆیانەوە کردوە، هۆخەڵکینە ئاگاداربن، لەعنەتی خوا لەستەمکاران}.

(٢٥) جا ئەو کەسەی کە نامەی کردارەکانی بە دەستی چەپی پێیدەردێت (ئەوەندە شەرمەندە دەبێت‌و سزای لەبەرچاو دیارە) دەڵێت: خۆزگە نامەی کردارم پێ نەدرایە.

(٢٦) حیسابی خۆمم هەر نەزانیبایە. (٢٧) خۆزگە ئەم مردنەم بۆ هەمیشە بووایەو زیندوو نەبوومایەوە.

(٢٨) ماڵەکەم هیچ سوودی پێ نەدام.

(٢٩) دەسەڵات‌و هێزم لەناوچوو. ئینجا خوا بە فریشتەی بەرپرس دەفەرموێ: (٣٠) بیگرن، جا زنجیریکەن.

(٣١) پاشان بیخەنە ناو دۆزەخەوە.

(٣٢) پاشان لەناو زنجیرێکی حەفتا گەزیدا زنجیریکەن، جا پەلکێشیکەن.

(٣٣) بێگومان ئەو باوەڕی بە خوای گەورە نەبوە.

(٣٤) خۆخەلکیشی هەڵنەناوە لەسەر خواردن بە کەمدەستان.

(٣٥) ئەوسا لەمرۆژەو لەم شوێنەدا دۆستێکی دڵسۆزی نیە.

(٣٦) وەخۆ جگە لە خوێن‌و کێمی بۆگەنیوی دۆزەخیان هیچ خوراردنێکی تری نیە.

(٣٧) کە جگە لە تاوانباران کەس ئەوە ناخواتەوە.

(٣٨) سوێند بەو هەمو نیشانەو بەلگە گرنگانەی کە دەیبینن.

(٣٩) وە سوێند بەوەیش کە نایبینن.

(٤٠) بێگومان کە ئەوقورئانە قسەی نێرراوێکی بەڕێزەو لە پەروەردگاریەوە پێی گەیشتوە.

(٤١) جا ئەوە نە قسەی شاعیرە، کەم باوەڕ دەهێنن.

(٤٢) وە نە قسەی فاڵچیشە، کەم بیر دەکەنەوە.

(٤٣) بەڵكو ئەم قورئانە لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە ڕەوانە کراوە.

(٤٤) ئەگەر هەندێ قسەی بەدەم ئێمەوە بکردایە.

(٤٥) بێگومان زۆر بەتوندی دەمانگرت.

(٤٦) پاشان ڕەگی دڵمان دەبچڕی ودەمانکوشت. واتە نابێت باوەڕدار هیچ گومانێکی هەبێت لە ڕاستیو دروستیو یەك سەرچاوەیی ئەم قورئانەداو هیچ کەسێك جگە لە ﷲ لەم پەیامەدا جگە لە گەیاندنی بە دروستی هیچی تری بەدەست نیە، چونکە هەر کەسێك خۆی لەم پەیامەدا تێهەڵقورتێنێت خودا تۆڵەی لێ دەکاتەوەو بە درۆیشی دەخاتەوە.

(٤٧) ئەوسا هیچکام لەئێوەیش ناتوانێ ڕێی لێ بگرێت.

(٤٨) جا بێگومان ئەو قورئانە پەندو ئامۆژگاریو بیرهێنەرەوەیە بۆ پارێزکاران (قورئان بۆ هەمو کەس وایە ، بەڵام هەر ئەوان سودی لێ وەردەگرن بۆیە هەندێ جار دەفەرموێ، بۆ پارێزکاران، بۆ باوەڕداران).

(٤٩) خۆ بێگومان ئێمە دەزانین کە لەناو ئێوەدایە کەسانێك کە باوەڕ بەم قورئانە ناکەن. واتە بزانن کە شتمان لێ ناشاردرێتەوە و بێ ئاگای هەڵسوکەوتەکان نین.

(٥٠) جا بێگومان کە ئەو قورئانە داخو خەمێکە بۆ خوانەناسان. چونکە لە قیامەتدا پەشیمان دەبنەوە بەڵام بێ سوودە.

(٥١) سا بێگومان کە ئەو قورئانە ڕاستیەکی وایە کە هیچ گومانی تێدانیە، جا خوانەناسان پێیان خۆش بێت یان ناخۆشبێت ڕاستی هەر ئەوەیە.

(٥٢) دەسا تۆش پاکیو بێگەردی بۆ ناوی پەروەردگاری گەورەی خۆت بڵێو لە تەسبیحاتی بێ ئاگا مەبە بڵێ : بێگەردە ئەو پەروەردگارە گەورەیەی کە ئەم قورئانە گەورەو بەرێزەی ڕەوانە کردوە .

(٧٠) سورەتی مەعاریج (٤٤)

سورەتی مەعاریج کە سورەتی حەفتاهەمی قورئانە ، بەکۆی دەنگ لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، چلو چوار ئایەتە، سورەتی ﴿سَأَلَ سَآئِلٌ﴾ یشی پێ دەوترێت. حەفتاو هەشتەمین سورەتە بەگوێرەی دابەزینو لە پاش سورەتی "الحاقة " وپێش سورەتی "النبأ " دابەزیوە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) داواکەرێك داوای هاتنی سزای کرد. (٢) کە ئەو سزایە بە بێگومان ڕوودەدات بۆ خوانەناسانو هیچ کەسێکیش ناتوانێت ڕێگای هاتنی بگرێت.

(٣) چونکە ئەو سزایە لەلایەن خوای خاوەنی پلەکانەوەیە. (٤) فریشتەکانو جبرەئیل یان گیانی باوەڕداران بەرز دەکەنەوە بۆلای ئەو جێگای کە فرمانیان پێدا دەدرێت لە ڕۆژێکدا کە بە ئەندازەی پەنجا هەزار ساڵە.

(٥) جا تۆ خۆت بگرە لەسەر بانگەوازو ئێشو ئازاری دین دوژمنان بە خۆگرتنێکی جوان.

(٦) بێگومان ئەوان ئەو سزایە بە دوور دەزانن.

(٧) خۆ ئێمە بە نزیکی دەبینین.

(٨) ڕۆژی هاتنی ئەوسزایە ئەو ڕۆژەکە ئاسمان وەکو زیوی تواوەی لێ دێت.

(٩) جا چیاکان وەکو خوری شیکراوەی ڕەنگاو ڕەنگی لێ دێت، فشۆڵو سوکو با بەملاوبەو لادا دەیانفرێنێ. جا ئەو کاتە ئەوەندە سەختە کەس نایپەرژێتە سەر کەس وەك دەفەرموێ:

(١٠) هیچ دۆستێکی نزیك هەواڵی خزمو دۆستێکی نزیکی خۆی ناپرسێت.

(١١) بە یەکتر پیشان دەدرێن، تاوانبار ئاواتە خوازە بۆئەوەی لە سزای ئەو ڕۆژە خۆی ڕزگاری بێت لەجیاتی کوڕەکانی.

يُبَصَّرُونَهُمْ يَوَدُّ الْمُجْرِمُ لَوْ يَفْتَدِي مِنْ عَذَابِ يَوْمِئِذٍ بِبَنِيهِ ﴿١١﴾
وَصَاحِبَتِهِ وَأَخِيهِ ﴿١٢﴾ وَفَصِيلَتِهِ الَّتِي تُؤْوِيهِ ﴿١٣﴾ وَمَن فِي الْأَرْضِ
جَمِيعًا ثُمَّ يُنجِيهِ ﴿١٤﴾ كَلَّا إِنَّهَا لَظَىٰ ﴿١٥﴾ نَزَّاعَةً لِّلشَّوَىٰ ﴿١٦﴾ تَدْعُوا
مَنْ أَدْبَرَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٧﴾ وَجَمَعَ فَأَوْعَىٰ ﴿١٨﴾ ۞ إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا
﴿١٩﴾ إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعًا ﴿٢٠﴾ وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا ﴿٢١﴾ إِلَّا
الْمُصَلِّينَ ﴿٢٢﴾ الَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ دَائِمُونَ ﴿٢٣﴾ وَالَّذِينَ فِي
أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَّعْلُومٌ ﴿٢٤﴾ لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ ﴿٢٥﴾ وَالَّذِينَ يُصَدِّقُونَ
بِيَوْمِ الدِّينِ ﴿٢٦﴾ وَالَّذِينَ هُم مِّنْ عَذَابِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ ﴿٢٧﴾ إِنَّ عَذَابَ
رَبِّهِمْ غَيْرُ مَأْمُونٍ ﴿٢٨﴾ وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ ﴿٢٩﴾ إِلَّا عَلَىٰ
أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ﴿٣٠﴾ فَمَنِ ابْتَغَىٰ وَرَاءَ
ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْعَادُونَ ﴿٣١﴾ وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ
﴿٣٢﴾ وَالَّذِينَ هُم بِشَهَادَاتِهِمْ قَائِمُونَ ﴿٣٣﴾ وَالَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ
﴿٣٤﴾ أُولَٰئِكَ فِي جَنَّاتٍ مُّكْرَمُونَ ﴿٣٥﴾ فَمَالِ الَّذِينَ كَفَرُوا قِبَلَكَ مُهْطِعِينَ
﴿٣٦﴾ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ عِزِينَ ﴿٣٧﴾ أَيَطْمَعُ كُلُّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ
أَن يُدْخَلَ جَنَّةَ نَعِيمٍ ﴿٣٨﴾ كَلَّا إِنَّا خَلَقْنَاهُم مِّمَّا يَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾

(١٢) وە ژنەکەی‌و براکەی.

(١٣) وە ئەو بەشەی لە تیرەکەی کە ئەویان پەنادەدا.

(١٤) وە ئەوەی لەسەر زەویدایە هەر هەموی بدات پاشان ئەو رزگار بێت، الله دەفەرموێ:

(١٥) هەرگیز شتی وا نابێت‌و کەس لە بارمتەی کەسدا وەرناگیرێت، بێگومان ئەمە بڵێسەی ئاگرە.

(١٦) کە پێستی سەرو هەمو ئەندامەکانی لەشی دادەڕنێ (بەڵام خوا نایکوژێت بەڵکودیسان بۆی چاك دەکاتەوەو هەر بەو شێوەیە سزا دەدرێت).

(١٧) ئەو ئاگرە بانگ دەکاتە ئەو کەسانە کە لە ترسا پشتیان تێکردوەو لێی نزیك نابنەوە (هەروەکو چۆن لە دنیادا پشتیان لە ئایین دەکرد).

(١٨) ئەو کەسەی کە هەر سەروەت‌و سامانی کۆ دەکردەوەو لەناو کیسەدا دایدەناو مافی مافدارانی لێ نەدەدا. پێغەمبەر ﷺ بە ئەسمای کچی ئەبوبەکری فەرمو: { أَنْفِقِي وَلَا تُحْصِي فَيُحْصِيَ اللَّهُ عَلَيْكِ وَلَا تُوعِي فَيُوعِيَ اللَّهُ عَلَيْكِ (متفق عليه) ببەخشەو مەی ژمێرە ، ئەوسا خواش لەسەر تۆ دەی ژمێرێت‌و مەیخەرە کیسەوە خوالێت دەخاتە کیسەوە}

(١٩) بێگومان کە مرۆڤ بە هەلوعی دروستکراوە، ئینجا مانای هەلوعمان بۆ دەکات‌و دەفەرموێت:

(٢٠) (هەلوع ئەو کەسەیە) کە هەر کاتێك هەستی ناخۆشی یان زیان بکات زۆر بێ تاقەتەو خۆی ناگرێت هەر ئاخ‌و داخیەتی. (٢١) جا هەر کاتێکیش کە ماڵی دەستکەوێت نایبەخشێت‌و ماڵ پەرستە. (٢٢) بێجگە لەوانەی کە نوێژخوێنن

(٢٣) ئەوانەی بە هەمیشەیی لەسەر نوێژەکانیان سوورن‌و نایفەوتێنن.

(٢٤) وە بێجگە لەو کەسانەی کە لەناو سەروەت‌و سامانیاندا بەشێکی دیاری هەیە.

(٢٥) بۆ خەڵکانی داواکارو بێ بەش.

(٢٦) وە بێجگە لەو کەسانەی کە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت هەیە

(٢٧) وە جگە لەو کەسانەی کە لە سزای پەروەردگاری خۆیان دەترسن‌و خۆیان لە خراپەو تاوان دەپارێزن.

(٢٨) بێگومان سزای پەروەردگاریان بۆ ئەوە نابێت کە لێی دڵنیابن کە دانابەزێت واتە: مرۆڤی باوەڕدار لەسزای خوا بێ ترس نیە.

(٢٩) وە بێجگە لەو کەسانەی کە پارێزگاری شەرمگای خۆیان دەکەن لەکاری شورەیی.

(٣٠) تەنها لەگەل هاوسەری خۆیاندا یان لەگەڵ ئەوکەنیزانەدا کەمولکیانن واتە: لەبارەی ئەودوو تاقمەوە سەرزەنشت ناکرێن.

(٣١) جا هەر کەسێك لەوانە تێپەڕێت ئەوسا ئەوانە دەستدرێژیکەرن‌و سزایان بۆ هەیە.

(٣٢) وە بێجگە لەو کەسانەی کە ئەمانەتەکانیان‌و پەیمانەکانیان دەپارێزن‌و خیانەت لەو دوو شتەدا ناکەن.

(٣٣) وە بێجگە لەو کەسانەی کە شایەتی ڕاستەقینە دەدەنو نایشارنەوەو ڕاستی چۆن بێت وا دەڵێن.

(٣٤) وە بێجگە لەو کەسانەی کە چاودێری نوێژەکانیان دەکەنو لەکاتی دیاری خۆیانداو بە ڕێکوپێکی ئەنجامیان دەدەن، لە سەرەتای ئەم وەسفانەوە بە نوێژ دەستی پێکردو لە کۆتاییەکانیەوە دووبارە گەڕاوەتەوە سەر نوێژ کە بەڵگەی گەورەیو بەنرخیو پڕ خێرو بەرەکەتی نوێژە بۆ بەندەکانی خودا، کە پەیوەندی بەندەیە بە خوداى خۆیو جێگای ڕازو نیازیەتی لەگەڵ پەروەردگاری جیهانیانداو هۆی ئارامی دڵو لەشی مرۆڤی خواناسی ڕاستەقینەیەو کۆڵەکەی ئایینەو هەر کەس نوێژ نەکات ئایینی ڕوخاندوە، جا دەبێت چاوەڕوانی سزایەکی چۆن بکات بۆ خۆی، بەڵێ ئەم دە وەسفە لێرەدا هاتون هەر کەسێك بیانپارێزێت ئەوە باوەڕدارێکی ڕاستەقینەیەو بەهەشت بۆ ئەوە.

(٣٥) ئەوانە لەناو باخچەکاندان کە ڕێز لێگیراونو بە چەندین جۆر لە خۆشیو لەزەت و کەیف و سەیراندان. دەسا بەخششی خودای گەورەو میهرەبان، عافیەت بێت لێتان ئەی خاوەن باوەڕان.

(٣٦) ئینجا ئەوە چیەو چییان دەست دەکەوێت ئەو خوانەناسانە کە بەپەلە دێن بۆ لاتو مل هەڵدەبڕنو بۆت دەڕوانن بە گاڵتەکردنەوە.

(٣٧) ئەوسا دەستە دەستە لەلای ڕاستو لەلای چەپەوە بلاوەی لێدەکەنو دەڵێن: ئەو پیاوە چی وت؟

(٣٨) ئایا هەمو کەسێك لەوان بەتەمایە کە بخرێتە ناو باخچەی نازو نیعمەتەوە لەگەل ئەو هەڵوێستە چەپەڵو چەواشەکاریانەی کە سەبارەت بە پێغەمبەر ﷺ و ئایینی ئیسلام دەیکەن؟

(٣٩) نەخێر شتی وانیە، بێگومان ئێمە ئەوانمان لەو شتە دروستکردوە کە خۆیان دەزانن کە شەهوەتی پیاوەو شتێکی کەمو قێزەونە، جا ئەو لەشە ئەگەر بە بەندایەتی پاك نەبێتەوە بێگومان ناچێتە ناو بەهەشتەوە ، چونکە بەهەشت جێگای پاکانە، جا ئەی مرۆڤی تاوانبارو بیروڕا

فَلَآ أُقۡسِمُ بِرَبِّ ٱلۡمَشَٰرِقِ وَٱلۡمَغَٰرِبِ إِنَّا لَقَٰدِرُونَ ﴿٤٠﴾ عَلَىٰٓ أَن نُّبَدِّلَ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ
وَمَا نَحۡنُ بِمَسۡبُوقِينَ ﴿٤١﴾ فَذَرۡهُمۡ يَخُوضُواْ وَيَلۡعَبُواْ حَتَّىٰ يُلَٰقُواْ يَوۡمَهُمُ ٱلَّذِي
يُوعَدُونَ ﴿٤٢﴾ يَوۡمَ يَخۡرُجُونَ مِنَ ٱلۡأَجۡدَاثِ سِرَاعٗا كَأَنَّهُمۡ إِلَىٰ نُصُبٖ يُوفِضُونَ
﴿٤٣﴾ خَٰشِعَةً أَبۡصَٰرُهُمۡ تَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۚ ذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمُ ٱلَّذِي كَانُواْ يُوعَدُونَ ﴿٤٤﴾

سُورَةُ نُوحٍ ٧١ — ٢٨

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦٓ أَنۡ أَنذِرۡ قَوۡمَكَ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَهُمۡ
عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١﴾ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ﴿٢﴾ أَنِ ٱعۡبُدُواْ
ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ ﴿٣﴾ يَغۡفِرۡ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ وَيُؤَخِّرۡكُمۡ
إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُۚ لَوۡ كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ
﴿٤﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوۡتُ قَوۡمِي لَيۡلٗا وَنَهَارٗا ﴿٥﴾ فَلَمۡ يَزِدۡهُمۡ دُعَآءِيٓ إِلَّا
فِرَارٗا ﴿٦﴾ وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوۡتُهُمۡ لِتَغۡفِرَ لَهُمۡ جَعَلُوٓاْ أَصَٰبِعَهُمۡ
فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَٱسۡتَغۡشَوۡاْ ثِيَابَهُمۡ وَأَصَرُّواْ وَٱسۡتَكۡبَرُواْ ٱسۡتِكۡبَارٗا
﴿٧﴾ ثُمَّ إِنِّي دَعَوۡتُهُمۡ جِهَارٗا ﴿٨﴾ ثُمَّ إِنِّيٓ أَعۡلَنتُ لَهُمۡ وَأَسۡرَرۡتُ
لَهُمۡ إِسۡرَارٗا ﴿٩﴾ فَقُلۡتُ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارٗا ﴿١٠﴾

خراپ تا نەمردوی کاتی ئەوەت هەیە بیربکەیتەوەو بەرەو پەروەردگاری خۆت بگەڕێیتەوە، پەروەردگارت بەسۆزو میهرەبانە ئەم هەلە لە دەست خۆت مەدەو فریوی جێگاو سەروەتو سامانو تەندروستیو شەیتانو ئارەزۆەکانی خۆت نەخۆیت، هەموویان لە دەستت دەردەچێتو لێت جیا دەبنەوە، ئینجا خوا دەفەرموێت:

(٤٠) سوێند بە پەروەردگاری ڕۆژهەڵاتەکانو ڕۆژئاواکان (هی مانگو خۆرو ئەستێرەکان) بێگومان کە ئێمە دەتوانین،

(٤١) کە ئێوە لەناو ببەینو چاکتر لە ئێوە دروست بکەینو ڕێگامان لێ ناگیرێت.

(٤٢) جا وازیان لێ بهێنە با هەر خەریکی شتی پڕوپوچ بنو گەمە بکەن تا بەو ڕۆژەیان دەگەن کە هەڕەشەیان لێکراوە، جا ئەو کاتەیە کە لە خەوی نەزانیو خۆخەڵەتاندن خەبەریان دەبێتەوە خۆ تازە پەخەیان گیراوەو ڕزگاربونیان نیە.

يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴿١١﴾ وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل
لَّكُمْ جَنَّٰتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَٰرًا ﴿١٢﴾ مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا ﴿١٣﴾
وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا ﴿١٤﴾ أَلَمْ تَرَوْا۟ كَيْفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ
طِبَاقًا ﴿١٥﴾ وَجَعَلَ ٱلْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ ٱلشَّمْسَ سِرَاجًا ﴿١٦﴾
وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ نَبَاتًا ﴿١٧﴾ ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ
إِخْرَاجًا ﴿١٨﴾ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ بِسَاطًا ﴿١٩﴾ لِّتَسْلُكُوا۟ مِنْهَا
سُبُلًا فِجَاجًا ﴿٢٠﴾ قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِى وَٱتَّبَعُوا۟ مَن لَّمْ يَزِدْهُ
مَالُهُۥ وَوَلَدُهُۥٓ إِلَّا خَسَارًا ﴿٢١﴾ وَمَكَرُوا۟ مَكْرًا كُبَّارًا ﴿٢٢﴾ وَقَالُوا۟
لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ
وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾ وَقَدْ أَضَلُّوا۟ كَثِيرًا ۖ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلًا ﴿٢٤﴾
مِّمَّا خَطِيٓـَٰٔتِهِمْ أُغْرِقُوا۟ فَأُدْخِلُوا۟ نَارًا فَلَمْ يَجِدُوا۟ لَهُم مِّن دُونِ
ٱللَّهِ أَنصَارًا ﴿٢٥﴾ وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى ٱلْأَرْضِ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ
دَيَّارًا ﴿٢٦﴾ إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا۟ عِبَادَكَ وَلَا يَلِدُوٓا۟ إِلَّا فَاجِرًا
كَفَّارًا ﴿٢٧﴾ رَّبِّ ٱغْفِرْ لِى وَلِوَٰلِدَىَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيْتِىَ
مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا تَبَارًۢا ﴿٢٨﴾

(٤٣) ئەو ڕۆژەی کە لە قەبرەکانیاندا بەپەلە دێنەدەر هەروەکو ئەوەی بۆ لای شتانێکی دیاری بڕۆن بەپەلە نەوەکو لە دەستیان دەربچێت.

(٤٤) چاو شۆڕن کە دوچاری دەستەپاچەیی‌و سەرشۆڕی بوون ئەوە ئەڕۆژەیەکە لە دنیادا بەڵێندرابو بەڵام ئەوان باوەڕیان پێی نەبو وا پێی گەیشتن.

(٧١) سورەتی نوح عليه السلام (٢٨)

سورەتی نوح کە سورەتی حەفتاویەکەمی قورئانە ،لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، بیست‌و هەشت ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین حەفتاو سێهەمین سورەتە کە پاش سورەتی " النّحل "و پێش سورەتی" الطُّور " دابەزیوە.

لە چل‌و سێ شوێنی قورئاندا ناوی پێغەمبەر نوح عليه السلام هاتوە کە سێ شوێنیان لەم سورەتەدایە، ئەم سورەتە لە سەرەتادا باس لە پێغەمبەر نوح عليه السلام دەکات، لە دوای ئەوەی کە مرۆڤ هەمویان خواپەرست بون‌و لەسەر بیروبۆچونی ئادەم ،پاش تێپەڕبونی چەندین سەدە خەڵك کەم کەم روی لە لادان‌و شیرك کرد جا ئەو کاتە پەروەردگار یەکەم نێرراوی خۆی رەوانەکرد بۆ مرۆڤ کە نوح عليه السلام بو کە وتراوە کوڕی "لامك بن مەتوشلخ بن أخنوخ وهو إدريس بن يرد بن مهلايل بن أنوش بن قينان بن شيس بن ئادەم"ـە . ئیبنوعەباس دەڵێت: { كانَ بَينَ نوح وَ آدم عشرة قرون كُلّهُم على شَريعة من الحق فاختلفوا فَبَعَثَ الله النبيينَ مُبشرينَ ومُنذرين/مستدرك الحاكم، صححه الالباني/ نێوان ئادەم‌و نوح(سەلامی خوایان لێبێ) دەسەدە بوەو هەمویان لەسەر رێبازێکی راست بوو، جا لەیەك ترازان ئەوسا خوا پێغەمبەرانی رەوانە کرد کە مژدە دەرو ترسێنەر بن}

بەناوی الله ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) بێگومان ئێمە نوحمان نارد بۆ لای گەلەکەی کە تەواوی خەلکی زەوی سەردەمی خۆی بو(پێمان وت:) کە قەومەکەت بترسێنەو بێداریان بکەرەوە پێش ئەوەی ئەو سزا بەژانەیان بۆ بێت.

(٢) وتی: ئەی گەڵ خۆم بێگومان من ترسێنەرێکی ئاشکرام بۆ ئێوە.

(٣) کەپێتان دەڵێم: بەندایەتی خودا بکەن‌و لەو بترسن‌و پەیڕەوی من بکەن.

(٤) کە لە گوناهەکانتان چاوپۆشی دەکات‌و دەتان هێڵێتەوە تا ماوەی دیاریکراو هەر کاتێك ئەو ماوە هات دواناخرێت ، ئای ئەوەتان بزانیایەو لە ئیشی چاك کۆتایتان نەکردایەو لە خراپ دوور بکەوتنایەوە تا سزای الله یەخەی نەگرتون، دیارە ئەم گەلەی نوحیش عليه السلام هەروەکو گەلەکانی تر بەگوێی نوحیان عليه السلام نەکردوە بۆیە لەلای خوا شکاتی کردون.

(٥) وتی: ئەی پەروەردگارم بێگومان من بە شەو و بە ڕۆژ ئەم گەلەی خۆمم بەرەو یەکتاپەرستی‌و ترسان لە خوا بانگ کردوە.

(٦) بەڵام ئەو بانگەی من بۆیان جگە لە زیاتر دوورکەوتنەوەیان لە یەکتاپەرستی سوودێکی تری نەبوە بۆیان.

(٧) جا بێ شك هەر کاتێك کە من بانگم کردون بۆ ئەوەی کە تۆ لێیان ببوریت ئەوان پەنجەی خۆیان دەخستە ناو گوێچکەکانیان‌و بە پۆشاکەکانیان سەری خۆیان دادەپۆشی تا نە قسەم ببیستن‌و نە چاویان پێم بکەوێت‌و زیاتر لەسەر خراپەو بت پەرستی سووردەبون‌و خۆیان لە ئاست ڕاستی‌وخواپەرستیدا زۆر بە زلگرت چ خۆزلگرتنێك.

(٨) پاشان بە دەنگی بەرزو بە ئاشکرا بانگم کردن، بەڵام سوودی نەبو.

(٩) پاشان هەم ئەم بانگەم بە شێوەی ئاشکراو بە شێوەی زۆر نهێنی پێ گەیاندن.

(١٠) جا پێم وتن لە پەروەردگارتان داوای لێبوردن بکەن بێگومان ئەو زۆر لێبوردەیە لەسەر ئەو تاوانانەی کە بەندەکانی دەیکەن.

(١١) کە ئەو لە ئاسمانەوە ئاوی زۆرتان بۆ ڕەوانەدەکات.

(١٢) ئەوسا سامانێکی زۆرو کوڕانتان پێ دەداتو باخاتو جۆگەیانی ئاوتان بۆ دابین دەکات ،واتە: بە داوای لێبوردن کردن لە خوا ، خوا دەرگاکان خێری ئاسمانو زەویتان لێ دەکاتەوەو لە بەروبومەکانی بەلێشاو دەخۆنەوەو دەتانکات بە خاوەنی سامانو کوڕانی زۆر، ئەمە بەشێوەی جوانکردنو تەماع خستنەبەر بانگ کراون، پاشان هەڕەشەیان لێ دەکاتو دەفەرموێت:

(١٣) چیە ئەوەی کەئێوەی ئەوەندە نەزانکردوە کە لە گەورەیی و دەسەڵاتی خودا ناترسن؟!

(١٤) لە حاڵێکدا کە ئێوەی بە چەند قۆناغێك دروستکردوە لە ئاوێکی قێزەون، پارچەیەك خوێنی مەیوو پارچە گۆشتێكو ئێسقانو داپۆشینی ئێسقان بەگۆشتو منداڵیو هەرزەکاریو پیاوی تەواو پیریوپاشان مراندن یان کەنەفتیو پاشان هەرمراندن ،بەڵام تۆئەی مرۆڤ لە هیچکام لەم قۆناغانەدا بە هۆش نەیەیتەوەو لەو خودا زاناو دەسەڵاتدارە گەورەیە نەترسیت، دەبێت چاوەڕوانی چۆن پاشەڕۆژێك بۆ خۆت بکەیت؟

(١٥) ئایا ئێوە نابینن کە خوا چۆن ئەو حەوت ئاسمانەی لەسەریەك دروستکردوە؟

(١٦) ئەوسا مانگی تێدا داناوە بۆ ڕونکردنەوەو خۆریشی کردوە بە چرایەك بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم بونەوەرە، ئەمانە هەموی بۆ خزمەتکردنی مرۆڤە بەڵام مرۆڤ زۆر سپڵەو نمەك نەناسە.

(١٧) خۆ هەر خودایە کە ئێوەی لە زەوی سەوز کرد بە سەوزکردن.

(١٨) پاشان دەتانگێڕێتەوە بۆ ناویو دەریشتان دەهێنێتەوە بە دەرهێنان لە ناویو زیندوتان دەکاتەوە بۆ حیسابو پاداشت.

(١٩) خۆ خوا ئەو زاتەیە کە زەوی بۆ ڕاخستوون.

(٢٠) کە تێیدا هاتوچۆ بکەن بە ڕێگا پانو بەرینەکانیدا بە هەمو گۆشەو کەنارەکانیدا. ئەمانە هەموی ئامۆژگاری نوح (عليه السلام) بو بۆ گەلەکەی ، بەڵکو لە خوا بترسنو لە بتپەرستیو خراپەکاری دەست بکێشنەوە ، کە ئەم بانگەوازەی نوح (عليه السلام) نۆسەدو پەنجا ساڵی خایاندوە، بەڵام ئەوان هەر دژایەتیان کردوە نوحیش (عليه السلام) هەموجۆرە شێوازێکی بەکارهێناوە بۆیان، بەڵکو بەیەکێکیان ئەوگەلەی لەسزای خوا ڕزگار بکات بەڵام ئەوان تا دەهات زیاتر لێی دور دەکەوتنەوە.

(٢١) نوح (عليه السلام) وتی: ئەی پەروەردگارم بێگومان ئەوانە فرمانی منیان شکاندوەو پەیڕەوی کەسێك دەکەن کە جگە لە زیان نە ماڵو نە فەرزەندی بۆ زیاد نەکردون.

(٢٢) ئەوسا فێڵیان کرد بە فێڵکردنێکی گەورە بە ئازاردانی نوح (عليه السلام)و پەیڕەوانیو بەدرۆخستنەوەی پەیامەکەی خواو هەڵنانی نەزانو نەفامەکان دژی ئەو پێغەمبەرە (عليه السلام) .

(٢٣) جا وتیان (بەگوێی مەکەنو) واز لە بەندایەتی (وەد)و (سُواع)و (یەغوس)و (یەعوق)و (نەسر) مەهێنن. ئەمانە پیاوچاکانی ئەو گەلەی لە ئادەمەوە تا نوح بون کاتێك کەمردن شەیتان وای خستە ناو دڵیانەوە کە لە شوێنی کۆڕو کۆبونەوەیاندا وێنەی ئەوانە دروست بکەن بەناو خۆیانەوە، ئەوانیش وایانکرد ، جا ئەوانە نەپەرستران تا ئەو کاتەی کە خەڵکی ئەوسەردەمە مردنو خەڵکی سەردەمی پاش ئەوان زانیاری تریان جگە لەوەی ڕێزیان لێبگرنو بەرزیان بنرخێنن نەبو، ئەوەبو کەم کەم پەرستنیانو بەندایەتییان بۆ ئەو پەیکەرانە دەکرد، بۆیە ئاینی ئیسلام هەر شتێك سەرئەنجامی مرۆڤ بەرەو خراپە ببات هەر لە سەرەتاوە قەدەغەی دەکات وەکو: قەبرو

سُورَةُ الجِنِّ ٧٢ ٢٨

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
قُلۡ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسۡتَمَعَ نَفَرٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ فَقَالُوٓاْ إِنَّا سَمِعۡنَا قُرۡءَانًا
عَجَبٗا ﴿١﴾ يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلرُّشۡدِ فَـَٔامَنَّا بِهِۦۖ وَلَن نُّشۡرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدٗا ﴿٢﴾
وَأَنَّهُۥ تَعَٰلَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا ٱتَّخَذَ صَٰحِبَةٗ وَلَا وَلَدٗا ﴿٣﴾ وَأَنَّهُۥ كَانَ
يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى ٱللَّهِ شَطَطٗا ﴿٤﴾ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن تَقُولَ ٱلۡإِنسُ
وَٱلۡجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا ﴿٥﴾ وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٞ مِّنَ ٱلۡإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٖ
مِّنَ ٱلۡجِنِّ فَزَادُوهُمۡ رَهَقٗا ﴿٦﴾ وَأَنَّهُمۡ ظَنُّواْ كَمَا ظَنَنتُمۡ أَن لَّن يَبۡعَثَ
ٱللَّهُ أَحَدٗا ﴿٧﴾ وَأَنَّا لَمَسۡنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدۡنَٰهَا مُلِئَتۡ حَرَسٗا
شَدِيدٗا وَشُهُبٗا ﴿٨﴾ وَأَنَّا كُنَّا نَقۡعُدُ مِنۡهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمۡعِۖ فَمَن
يَسۡتَمِعِ ٱلۡأٓنَ يَجِدۡ لَهُۥ شِهَابٗا رَّصَدٗا ﴿٩﴾ وَأَنَّا لَا نَدۡرِيٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ
بِمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ أَرَادَ بِهِمۡ رَبُّهُمۡ رَشَدٗا ﴿١٠﴾ وَأَنَّا مِنَّا ٱلصَّٰلِحُونَ
وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَۖ كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدٗا ﴿١١﴾ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن نُّعۡجِزَ
ٱللَّهَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَن نُّعۡجِزَهُۥ هَرَبٗا ﴿١٢﴾ وَأَنَّا لَمَّا سَمِعۡنَا ٱلۡهُدَىٰٓ
ءَامَنَّا بِهِۦۖ فَمَن يُؤۡمِنۢ بِرَبِّهِۦ فَلَا يَخَافُ بَخۡسٗا وَلَا رَهَقٗا ﴿١٣﴾

وێنەو هەیکەلی گەورەو پیاوچاکان ، چونکە زۆر نابات ئەوانەدەگرێن بە خواو لەلایەن مرۆڤەوە بەندایەتیان بۆ دەکرێت، چونکە مرۆڤ لەناخی خۆییدا هەست دەکات بەوەی کە شتانێك هەن لە توانای ئەودا نین جا ئەگەر خوای بە چاکی نەناسی ڕوو لە دارو بنچك و قەبری پیاوچاك و هەیکەل و ئەمانە دەکات و لێیان دەپاڕێتەوە، کەلە ڕاستیدا ئەوە بەندایەتیەو شیرکەو بت پەرستیەو هەمو کردارێکی چاکی مرۆڤ لەناودەبات کە بەداخەوە ئەم سەردەمەی ئێمەش بەتوندی گەڕاوەتەوە بۆ هەمان بت پەرستی و قەبری پیاوچاکان بینای گەورەو ڕازاوەی لەسەر دروست دەکرێت و نەفامەکانی ئەم گەلە بەدەوریدا دەخولێنەوەو تەوافی دەکەن و ماچی دەکەن و داوای شیفاو منالی لێ دەکەن و قوربانی بۆ دەکەن کەئەو کارانە وەسفی الله یە ﷻ بەو مردوانەی دەدەن ومالّی خۆیان وێران دەکەن و پیاو چاکانیش گرفتاری لێ پرسینەوەی الله ﷻ دەکەن، خوا پرسیار لەعیسا دەکات چۆن پرسیار لەوان ناکات؟.

﴿٢٤﴾ جا نوح ﷺ لەدرێژەی سکالاکەیدا دەڵێت: بە ڕاستی خەڵکێکی زۆریان گومڕا کردوە ،ئەی تۆیش ئەی پەروەردگار ستەمکاران جگە لە گومڕایی شتێکی زیاتریان پێ مەدە.

﴿٢٥﴾هەر لەبەر تاوانەکانیان ئەوان بە ئاو خنکێنران ، ئەوسا خرانە ناو ئاگرەوە، جا بێجگە لە خوا هیچ یارمەتیدەرێکی تریان دەست نەکەوت و خوایش بەدەمیانەوە نەهات، لە سورەتی (هود)دا چەند گۆشەیەکی ئەم داستانە بەنرخە بەرونی باس کراوە.

﴿٢٦﴾ جا نوح ﷺ پاش ئەوەی کە لەلایەنی پەروەردگارەوە پێی ڕاگەیەنرا کە ئیتر ئەوگەلەت باوەڕت پێ ناکەن، وتی: ئەی پەروەردگارم هیچ کەس لەم خوانەناسانە لەسەر زەوی دا مەهێڵەرەوەو هەموویان لەناوببە.

﴿٢٧﴾ چونکە بێگومان هەروەکو خۆت بە منت ڕاگەیاندوە ئەگەر وازیان لێ بهێنیت بەندەکانت گومڕا دەکەن و بێجگە لە منداڵی خراپەکارو سپڵە کەسی تریان لێ پەیدا نابێت.

﴿٢٨﴾ئەی پەروەردگار لێم خۆشبەو لە دایکیشم لەو باوەڕدارەیش کە لە ناو ماڵی مندایەو لە پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار و ستەمکارانیش جگە لە ناوبردنیان هیچ شتێکی تریان لەگەڵدا مەکە نە لە دنیاداو نە لە دواڕۆژدا .

سورەتی جین ٧٢ ٢٨

سورەتی جین کە سورەتی حەفتاو دووهەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوتە خوارەوە، بیست و هەشت ئایەتەو بە سورەتی ﴿قُلۡ أُوحِيَ﴾ یش ناو دەبرێت، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی چل هەمەو پاش سورەتی (الأعراف) و پێش (یس) دابەزیوە.

ئیبنوعەباس دەڵێت: شەیتانەکانی جنۆکە پێش هاتنی پێغەمبەر ﷺسەردەکەوتن بۆ ئاسمان بۆ هەواڵ زانین، جا لە ناکاو ڕێگایان لێ گیراو هاتنەوە وتیان: شتێکی وامان بینیوە ، ئینجا وتیان: بە هەمو لایەکی دنیادا بگەڕێن بێگومان شتێك ڕویداوە، ئەوسا بڵاوەیان لێکرد، ئەوەی کە بەرەو توهامە ڕویشتن ڕویان کردە لای پێغەمبەر ﷺکە لە (بەتنونەخلە)دا بو بۆ یارەکانی نوێژی بەیانی دەکردو

قورئانی دەخوێند وتیان: لەبەر ئەمەیە ڕێگامان لێ گیراوە،
گەڕانەوەو وتیان: قورئانێکی سەیرمان بیست .جا خوا
سورەتی (الجن)ی ناردە خوارەوە بۆ پێغەمبەرمان ﷺ/
البخاری/ کە لەم سورەتەدا هەندێك لە قسەکانی ئەوانی بۆ
باسکردوەو دەفەرموێ:

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەی محمد بڵێ: بە من گەیشتوە کە چەند کەسێك لە
جنۆکە گوێی لەمن گرتوە (لەکاتی قورئان خوێندنم)دا جا
وتویانە بێگومان ئێمە قورئانێکی سەیرمان بیست.

(٢) کە ڕێنمایی دەکات بۆ ڕێگای ڕاست جا ئێمەیش
باوەڕمان پێکردو بە ڕاستمان زانیو ئیتر هەرگیز هیچ
کەسێك ناکەین بە هاوەبەشی خوا.

(٣) جا بێشك بەرزە دەسەڵاتی پەروەردگارمان، نە ژنی
هەیەو نە منداڵ.

(٤) جا بێگومان نەفامەکانمان لە دژی خودا قسەی
پڕوپوچیان دەکرد، کەگوایە خوا پێویستی بە واسیتە
هەیەو ژنی هەیەو کوڕی هەیەو کچی هەیەو شتی لەو
قەبیلەو قوماشە بێ نرخو سووکانەکە ﷲ ﷻ پاكوبێ
نیازە لەوبڕیاروقسە پڕوپوچانە.

(٥) جا بێگومان ئێمە وامان دەزانی کە مرۆڤ و جنۆکە
هیچ درۆیەك بەدەم خواوە ناکەن.

(٦) سا بێگومان پیاوانێك لە مرۆڤ بون کە بە پیاوانێك
لە جنۆکە پەنایان دەگرت ، جا بەم کارەیان زیاتر دژایەتی
ئایینیان دەکردو سەرکەشتر دەبون. دابی عەرەب وابو
هەرکات ڕێیان لەشوێنێك دەکەوت بۆئەوەی کە لە زەرەر و
زیانی جنوکەکان لە ئەماندا بن دەیان گوت: ئەوە ئێمە
خۆمان خستە ئەمانی گەورەی جنوکەکانی ئەم ناوچەیە،
تا بەم شێوەیە جنوکەکان ئازاریان نەدەن بەڵام جنوکەکان
زۆرتر دە یان ترساندن و زیاتر سەریان لێ تێك دەدان،
یان دەگونجێت مەبەست ئەوە بێت بەم پەناگرتنەی
ئینسانەکان بە جنۆکەکان وای دەکرد کە جنۆکەکان زۆرتر
لەخو بایی ببنو گوناهو تاوانی زۆرتر بکەن. کەوابو ئەم
ئایەتە ئەمە دەسەلمێنێت کە هەم جنۆکەکان دەتوانن
کاریگەریان هەبێت لەسەر مرۆڤ و هەم بەپێچەوانەیشەوە.

(٧) جا بێگومان ئەوانیش گومانیان دەکرد هەروەك ئێوە
گومانتان هەبو کە هەرگیز خودا هیچ کەسێك ڕەوانە
ناکاتو کەس نابێتە پێغەمبەر ، یان پێیان وابو خوا کەس
زیندو ناکاتەوە هەروەك ئێوە واتان دەزانی.

(٨) ئەوسا بێگومان ئێمە دەگەیشتینە ئاسمان بۆ وەرگرتنی
دەنگوباس ، بەڵام هەر زوو بینیمان پاسەوانێکی بەهێزو
بڵۆسکی ئاگرین هەمو ئاسمانیان پڕکردوەو ماوە بۆ
گوێگرتنو وەرگرتنی دەنگ‌وباسەکان بە ئێمە نادەن.

(٩) ئەوسا بێگومان ئێمە دادەنیشتین لە ئاسمان لە جێگا
دانیشتنەکانی گوێگرتندا جا ئێستا هەر کەسێك گوێ
بگرێت بڵۆسکی ئاگری بۆ دێتو ناتوانێت لەو شوێنانەدا
دانیشێتو گوێ بگرێت.

(١٠) جا بەڕاستی ئێمە تێ نەگەیشتین ئایا بەم ڕێگری
ئێمەیە لەزانینی دەنگوباسی ئاسمان مەبەست خراپەکردنە
لەگەل خەلکی زەویدا یان مەبەستی پەروەردگاریان چاکەو
خۆشیە بۆیان؟ لەپێش هاتنی پێغەمبەرمان ﷺجنۆکەکان
دەیانتوانی لە ئاسمان نزیك ببنەوەو قسە لە فریشتەکان
وەرگرنو بیهێننەوە بۆ فاڵچیەکانو ئەوانیش بەو قسانە
خەلکیان فریودەدا ، بەڵام بە هاتنی پێغەمبەرمان ﷺئەو
دەرگایە داخرا لە فاڵچیەکانو جنۆکەکان ناتوانن بچنە ئەو
جێگایانەوە کە لەپێشدا دەچونو ئیتر لەوێوە شتێکی وایان
دەست ناکەوێت، بەم شێوەیە فاڵچیان بازاڕیان بەرەو
کەساسیو داڕمان هات ، ئەمە خزمەتو خێرێکی گەورەیە
کە ﷲ لەگەڵ ئومەتی پێغەمبەردا ﷺکردویەتی.

(١١) جا بێگومان لەناو ئێمەدا پیاوانی چاك هەیە، هەیانە
وانیە یان باوەڕدارەو چاك نیە یان هەر باوەڕداریش نیە
خاوەنی چەندین ڕێگاو ڕێبازی جیا جیاین.

(١٢) جا بێگومان ئێمە یەقینمان بو کە هەرگیز لە دەست
ﷲ دەرناچینو ناتوانین ڕابکەینو خۆمانی لێ ڕزگار
بکەین، هەرچی بکەین لەژێر دەسەڵاتو هێزی خودای
زاناو داناین. (١٣) جا بێ درۆ ئێمە کاتێك ڕێنمایمان بیست

وَأَنَّا مِنَّا ٱلْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا ٱلْقَـٰسِطُونَ ۖ فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ
تَحَرَّوْا۟ رَشَدًا ﴿١٤﴾ وَأَمَّا ٱلْقَـٰسِطُونَ فَكَانُوا۟ لِجَهَنَّمَ حَطَبًا ﴿١٥﴾
وَأَلَّوِ ٱسْتَقَـٰمُوا۟ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَـٰهُم مَّآءً غَدَقًا ﴿١٦﴾ لِّنَفْتِنَهُمْ
فِيهِ ۚ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِۦ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا ﴿١٧﴾ وَأَنَّ
ٱلْمَسَـٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴿١٨﴾ وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبْدُ ٱللَّهِ
يَدْعُوهُ كَادُوا۟ يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا ﴿١٩﴾ قُلْ إِنَّمَآ أَدْعُوا۟ رَبِّى وَلَآ أُشْرِكُ
بِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٠﴾ قُلْ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ﴿٢١﴾ قُلْ إِنِّى
لَن يُجِيرَنِى مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا ﴿٢٢﴾ إِلَّا بَلَـٰغًا
مِّنَ ٱللَّهِ وَرِسَـٰلَـٰتِهِۦ ۚ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ
خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴿٢٣﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوْا۟ مَا يُوعَدُونَ فَسَيَعْلَمُونَ
مَنْ أَضْعَفُ نَاصِرًا وَأَقَلُّ عَدَدًا ﴿٢٤﴾ قُلْ إِنْ أَدْرِىٓ أَقَرِيبٌ
مَّا تُوعَدُونَ أَمْ يَجْعَلُ لَهُۥ رَبِّىٓ أَمَدًا ﴿٢٥﴾ عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا
يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ فَإِنَّهُۥ
يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا ﴿٢٧﴾ لِّيَعْلَمَ أَن قَدْ أَبْلَغُوا۟
رِسَـٰلَـٰتِ رَبِّهِمْ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيْهِمْ وَأَحْصَىٰ كُلَّ شَىْءٍ عَدَدًۢا ﴿٢٨﴾

باوەڕمان پێکرد ، سا هەر کەس باوەڕ بهێنێت بە پەروەردگاری ئەوسا ئەو کەسە با نەترسێت نە لە کەمکردنەوەی چاکەکانیو نە لە ستەم لێ کردن ، ﷲ دادپەروەرەو بە زیانی هیچ بەندەیەکی خۆی ڕازی نیەو چاکەکانیشی بەلای کەمەوە بە دە بەرانبەر بۆ هەژمار دەکات.

﴿١٤﴾ خۆ بێگومان لەناو ئێمەدا هەم موسڵمانو هەم ستەمکار هەیە ئەوسا هەر کەسێك موسڵمان بێت جا ئەوانە ڕێگای ڕاستو چاکیان بینیوەتەوە، سەر ئەنجامیشیان خۆشیو بەهەشتی هەتاهەتاییە.

﴿١٥﴾ وە ئەوانەیش کە ستەمکارن ئەوسا ئەوانیش سوتەمەنیوداری ئاگری دۆزەخن.

﴿١٦﴾ جا بێگومان ئەگەر لەسەر ئەو ڕێگە ڕاستە بەردەوامبن بەدڵنیاییەوە بەلێشاوی تێر ئاویان دەکەین، یان ئەگەر لەسەر ئەو ڕێبازە هەڵەی خۆیان بەردەوام بن تێرئاویان دەکەینو منەتمان پێیان نیە زۆر نابات دێنەوە بەردەستمان بۆ حیساب. ﴿١٧﴾ بەو ئاوە زۆرو بەروبومەی ئەو ئاوە تاقیان دەکەینەوە ، جا ئەو کەسەی کە پشتی لە یادی پەروەردگاری خۆی کرد، ﷲ سزای سەختی بەسەردا دەدات.

﴿١٨﴾ ئەوسا بێگومان مزگەوتەکان موڵکی خودان ، جا بەندایەتی جگە لە ﷲ بۆ کەسێکی تر نەکەن لەو مزگەوتانەداو ئەو شوێنانە تایبەت بکەنەوە بۆ بەندایەتیو یادی پەروەردگار . ئەمە کاتێك دابەزی کەگاورو جولەکەکان لەناو مزگەوتەکانیانداو خەڵکی مەکە لەناو بەیتدا سێ سەدو شەست بتیان دانابو و لە غەیری ﷲ دەپاڕانەوە، جا ﷲ هەڕەشەی لێکردن، خۆ ئێستایش لەناو ماڵەکانی ﷲ دا دادەنیشنو خەریکی شیرکی تەریقەتو حیزبایەتینو بیریان لەلای خاوەنی ڕاستەقینەی مزگەوت نیەو هەریەکەیان غەیبەتی ئەوی تریان دەکات ، بەڵکو زۆرجاریش پیلان بۆ یەکتری دادەنێن؟! بیربکەنەوە، بزانن کە چەند دوورن لەو خودایەی کە دەفەرموێت: ﴿بڕواداران هەر برای یەکترن جا ئاشتەوایی بکەن لەنێوان براکانتداو لەخوا بترسن بەڵکو ڕەحمتان پێ بکرێت﴾ حوجورات/١٠. بەوە لە خۆتان غەڕا مەبن کە پلە یان پارە یان ناوێکتان هەیە هەموی ئەمانەتەو لێتان وەردەگیرێتەوە ئەمانە هەمویان دواییان دێتو بە ڕوتوقوتی لەناو گۆڕ دەنرێن، وەڵامێ کێ براوو خوشکتانن ئامادە بکەن هەی سەرگەرم بە خۆشیو لەزەتی ژیانەوە، جا بزانە کە مزگەوتیش ئادابی تایبەتی خۆی هەیە بۆنمونە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{ إِذَا رَأَيْتُمْ مَنْ يَبِيعُ أَوْ يَبْتَاعُ فِي الْمَسْجِدِ فَقُولُوا لَا أَرْبَحَ اللَّهُ تِجَارَتَكَ وَإِذَا رَأَيْتُمْ مَنْ يَنْشُدُ فِيهِ الضَّالَّةَ فَقُولُوا لَا أَدَّى اللَّهُ عَلَيْكَ/ الدارمي، صححه الألباني/ هەرکاتێ دیتان کەسێك دەفرۆشێ یان دەکڕێت لەمزگەوتدا ئەوسا ئێوەش بڵێن: خوا بازرگانیەکەت سودبەخش نەکات، وەهەر کاتێك دیتان کەسێك لەمزگەوتدا هەواڵ پرسی ون بویەك دەکات ئەوسا ئێوەش بڵێن: خوا نەیداتەوەپێت}ئەی کەی دروستەو چۆن ناترسیت کەدانیشی لەماڵی ﷲداوخەریکی بلاوکردنەوەی دژی ئاینی خوابیت؟خەریکی چەواشە کردنی ڕۆڵەی موسڵمان بیتو بەناوی ئایینەوەموسڵمانان پارچە پارچە

بکەیتو لەبەر پلەو پارەو ناو و شۆرەت لەگەل باوەڕداردا دوژمن بیتو لەگەل بێ باوەڕاندا دۆست؟!

(١٩) خۆ بێگومان کاتێك کەبەندەی الله محمد ﷺهەڵسا بۆ نوێژکردن جنۆکەکان بەپەلە ئەوەندە لەسەر شانیەوە بەرەو سەر دانیشتن وەکو یەك پارچەی لێهاتبو، یان کاتێك ئەم بەندەی خودایە دەستی دایە بانگەوازی ئیسلام مرۆڤ و جنۆکە هەر هەمویان هەوڵی ئەوەیان دا کە ئەم نورە بکوژێننەوە ، بەڵام پەروەردگار نوری خۆی سەرخست بەسەر نەیارو دژمنانیدا. لەئیبنو عەباسەوە هاتوە کە وتویەتی: { قَوْلُ الْجِنِّ لِقَوْمِهِمْ لَمَّا قَامَ عَبْدُ اللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا قَالَ لَمَّا رَأَوْهُ يُصَلِّي وَأَصْحَابُهُ يُصَلُّونَ بِصَلَاتِهِ فَيَسْجُدُونَ بِسُجُودِهِ قَالَ تَعَجَّبُوا مِنْ طَوَاعِيَةِ أَصْحَابِهِ لَهُ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ لَمَّا قَامَ عَبْدُ اللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا / ابوداود، صححه الألباني/ قسەی جنۆکەکان بۆ گەلەکەیان ئەمەبو﴿کاتێ ئەوبەندەیە هەڵسا بۆنوێژ هەمویان کۆبونەوە لەسەری نزیك بو ببن بەیەك پارچە لەسەری﴾وتی: کاتێ کە دییان خۆیو یارەکانی نوێژ دەکەن کە نوێژ دەکەن وەکو ئەوو سوجدە دەبەن وەکو ئەو، وتی: سەریان سوڕما لەوگوێڕایەڵیەی یارەکانی بۆیو بەگەلەکەیان وت:﴿ لَمَّا قَامَ عَبْدُ اللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا / لەکاتێکدا ئەوبەندەیە هەڵساو نوێژی کردنزیك بو وەك کۆپارەی حوشتر لەسەریەوە کۆببنەوە}واتە: ئەوەندە گوێڕایەڵی بون هەر کەسەیان دەیویست زیاتر لێی نزیك ببێتەوە، ئینو عەباس ئەمەیشی هەر بەقسەی جنۆکەکان داناوە.

(٢٠) ئەی محمد ﷺبڵێ: من هەر پەروەردگار ی خۆم دەپەرستم و هیچ کەسێك ناکەم بە هاوبەشی.

(٢١) ئەی محمد ﷺبڵێ: بێگومان من خاوەنی هیچ زیانو سودێك نیم بۆ ئێوە، زیانو سوود هەر بە دەست الله یە، ئیتر تاکەی دنیا پەرستان خەڵك دەخەڵەتێنن بۆ ئەوەی سوودێکی چاك لە نەزانان وەرگرن پێیان دەڵێن: هاوار لەمو لەو بکەن دێن بە هاناتانەوەو مەرامتان بۆ حاسڵ دەکەن هەی دین فرۆشان بە دنیا دڵنیابن کە دنیایشتان دەڕواتو دینیشتان، بەسە واز لەو دەستبڕیو عەوام خەڵەتاندنە هەلگرنو تەماشای قورئان بکەن، پێغەمبەر ﷺنەتوانێت نە زیانو نە سوود بە خەڵك بگەیەنێت ئەی کام شێخو کام ئیمامو ئیمامزادە لەو بەرێزترو بەتواناترن کە ئەم مافە لەالله بستینن بۆ خۆیان؟! ئینجا زیاتر ئەم باسەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوەو دەفەرموێت:

(٢٢) ئەی محمد ﷺبڵێ: ئەگەر دژایەتی الله بکەم هەرگیز کەس نیە لە تۆڵەی ئەو بمپارێزێتو هەرگیز جگە لەو هیچ پەنایەکی ترم نیە، دەی ئیتر نازانم دین فرۆشان کێیان بینیوەتەوە لەو پێغەمبەرە ﷺپایە بەرزترو هاوشانی الله بێتو بتوانێت هەر کەسێك ئارەزۆی لێ بێت پەنای بداتو لەسەر پردی سیرات دەستی بگرێتو ماوە بە مەئمورینی الله نەدات بە سزادانی؟! گەر بە ئەندازەی زەڕەیەك دینت هەبێت ئەم چەند ئایەتە بەسە بۆ وازهێنان لەو خەڵك خەڵەتاندنە بەناوی دینەوە.

(٢٣) ئەو تەنها گەیەنەرێکە لەلایەن خوداوە گەیەنەری پەیامەکەیەتیو هەر کەسێکیش دژایەتی خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺبکات ئەوسا بێگومان ئاگری دۆزەخی بۆ هەیە، تێیدا دەمێننەوە هەتا هەتایە،

(٢٤) تا ئەو کاتەی کە ئەوەی بەڵێنیان پێ دراوە دێتە بەرچاویان ، ئەوسا دەزانن کێ یارمەتیدەری لاوازترەو لە ژمارەیشدا کەمترە.

(٢٥) ئەی محمد ﷺبڵێ: من نازانم ئەو بەڵێنەی کە الله بە ئێوەی داوە نزیکە یان پەروەردگارم ماوەیەکی درێژی بۆ داناوە. (٢٦) زانەری هەمو نادیارەکانەو هیچ کەسێکیشی بەسەر نهێنیەکانی خۆیدا ئاگادار ناکات.

(٢٧) مەگەر بۆ کەسێك کە لێی ڕازی بێت لە نێردراوەکانی ئەوسا ئەویش لە بەردەمیەوەو لەپشتیەوە پاسەوانی بۆ دادەنێت تا نە کەس لەوەوە شتێك بزانێتو نە کەسێکیش بتوانێت زیادوکەمی لێ بکات ، واتە: پەیامەکەی بێ غەلوغەش بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت پێی دەگات.

(٢٨) هەتا بزانێتو بۆ خەڵکی دەربخات کە بەڕاستی ئەوانە بە تەواویو بەبێ کەمو زیاد سپاردەکانی پەروەردگاری خۆیانیان گەیاندووەو ئەو گەمارۆی ئەوەی داوە کە لەلای

(٧٣) سُورَةُ المُزَّمِّلِ (٢٠)

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ (١) قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا (٢) نِّصْفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا
(٣) أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا (٤) إِنَّا سَنُلْقِى عَلَيْكَ قَوْلًا
ثَقِيلًا (٥) إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيْلِ هِىَ أَشَدُّ وَطْـًٔا وَأَقْوَمُ قِيلًا (٦) إِنَّ لَكَ فِى
ٱلنَّهَارِ سَبْحًا طَوِيلًا (٧) وَٱذْكُرِ ٱسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا (٨)
رَّبُّ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذْهُ وَكِيلًا (٩) وَٱصْبِرْ
عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا (١٠) وَذَرْنِى وَٱلْمُكَذِّبِينَ
أُو۟لِى ٱلنَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلًا (١١) إِنَّ لَدَيْنَآ أَنكَالًا وَجَحِيمًا (١٢)
وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا (١٣) يَوْمَ تَرْجُفُ ٱلْأَرْضُ وَٱلْجِبَالُ
وَكَانَتِ ٱلْجِبَالُ كَثِيبًا مَّهِيلًا (١٤) إِنَّآ أَرْسَلْنَآ إِلَيْكُمْ رَسُولًا شَٰهِدًا
عَلَيْكُمْ كَمَآ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ رَسُولًا (١٥) فَعَصَىٰ فِرْعَوْنُ ٱلرَّسُولَ
فَأَخَذْنَٰهُ أَخْذًا وَبِيلًا (١٦) فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرْتُمْ يَوْمًا يَجْعَلُ
ٱلْوِلْدَٰنَ شِيبًا (١٧) ٱلسَّمَآءُ مُنفَطِرٌۢ بِهِۦ ۚ كَانَ وَعْدُهُۥ مَفْعُولًا (١٨)
إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذْكِرَةٌ ۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا (١٩)

ئەواندا هەیەو هیچ شتێکیان لە زانستی ئەو دەرناچێتو هەمو شتێکیشی ژماردوە.

لەلای ڕاڤەکاران لەسەر فاعل (لِيَعلَمَ) ناڕێکی هەیەو ئێمە لەسەر ئەو ڕایە مانامان کردوە کە بۆ خوا بگەڕێتەوە ئەگەرچی دەگونجێت فاعیلەکەی (پێغەمبەرمان ﷺیان هەر پێغەمبەرێك، یان جبرەئیل یان شەیتان یان بێ باوەڕان بێت. والله أعلم).

(٧٣) سورەتی موزەمیل (٢٠)

سورەتی موزەمیل کە سورەتی حەفتاو سێ هەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەو، هەندێك وتویانەکە ئایەتی ﴿إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ...الايه﴾ لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوەو بیست ئایەتە. بەگوێرەی دابەزین دووهەم سورەتەو پاش(المدثر) وپێش (القلم) دابەزیوە بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە پاش (المدثر) سورەتی (القلم) دابەزیوە ئینجا ئەم سورەتە دابەزیوە لەسەر ئەم ڕایە سورەتی سێ هەمە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەی ئەو کەسەی کە خۆتت داپۆشیوە. پێغەمبەرﷺ کاتێك وەحی بۆ هاتو گەڕایەوە ماڵەوەو لەرزگرتیو فەرموی: داميپۆشن، خوایش بەو وشە جوانە دەیدوێنێتو پاشان پێی دەفەرموێ:

(٢) شەو هەستەوە بۆ بەندایەتیکردن ، مەگەر کەمێك لە شەو نەبێت واتە زۆر کاتەکانی شەو بە بەندایەتیەوە تەواوبکە، بەم شێوەیە: ـ

(٣) نیوەی شەو یان کەمێك لەو کەمتربکەرەوە بۆ یەك تەقسیم سێی شەو،

(٤) یان زیادی بکە بۆ دوو بەش لە سێ بەشی شەو بە ئارەزۆی خۆت بەو شێوەیە بەندایەتی بکە لە شەوداو قورئان بخوێنە بە شێوەیەکی هێواشو بە جۆرێك کە ماڤ هەمو پیتەکانت دابێت، سەعدی کوڕی هیشام دەڵێت: بە دایکی باوەڕداران خاتون عایشەم وت: شەو نوێژی پێغەمبەر چۆن بوە؟وتی:{ أَلَسْتَ تَقْرَأُ يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ قُلْتُ بَلَى قَالَتْ فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ افْتَرَضَ قِيَامَ اللَّيْلِ فِي أَوَّلِ هَذِهِ السُّورَةِ فَقَامَ نَبِيُّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَصْحَابُهُ حَوْلًا وَأَمْسَكَ اللَّهُ خَاتِمَتَهَا اثْنَيْ عَشَرَ شَهْرًا فِي السَّمَاءِ حَتَّى أَنْزَلَ اللَّهُ فِي آخِرِ هَذِهِ السُّورَةِ التَّخْفِيفَ فَصَارَ قِيَامُ اللَّيْلِ تَطَوُّعًا بَعْدَ فَرِيضَةٍ /مسلم/ وتی: [يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ]ت نە خوێندوەتەوە؟ وتم ئەی چۆن؟ وتی: بێگومان خوای دەسەڵاتداری گەورە لەسەرەتای ئەم سورەتەوە شەونوێژی فەرزکرد، جاپێغەمبەرﷺو یارەکانی ساڵێك ئەم شەونوێژەیان ئەنجام دا ﷲ کۆتاییەکەی دوانزە مانگ گیردا لەئاسماندا هەتا ﷲ لەکۆتایی ئەم سورەتەدا سوك کردنەوەی دابەزاند، ئینجا هەستانەوە بۆ شەو نوێژ بو بە سونەت پاش ئەوەی کە فەرزبو}لەئەنەس پرسیار کرا کەخوێندنەوەی پێغەمبەرﷺ بۆقورئان چۆن بوە؟ ئەویش وتی: { كَانَتْ مَدًّا ثُمَّ قَرَأَ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ يَمُدُّ بِبِسْمِ اللَّهِ وَيَمُدُّ بِالرَّحْمَنِ وَيَمُدُّ بِالرَّحِيمِ /البخاري/ درێژ کردنەوەبوە، پاشان﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ﴾خوێندەوە کە بسم الله ی درێژ دەکردەوە، الرحمن درێژ دەکردەوە ، الرحیم درێژ دەکردەوە} بەڵێ ئەو شەونوێژە فەرزکرا لەسەریان تا ئامادەیان بکات بۆ وەرگرتنی کارە

سەختەکانی لەمەو پاشیان وەك دەفەرموێ: (٥) بێگومان
بەم زوانە قسەی قورس و گرانت بەسەردادەدەین،

(٦) بە بێشکیش کە بێداری شەو زۆر بەهێزترە لەسەر
وەرگرتن و تێگەیشتن لەو شتەی کە دەیخوێنێتەوەو
قسەکانیش جوانتر و ڕۆشنتر وەردەگیرێت تێیدا، چونکە
کاتێکی ئارامەو بێ قەپ قاڵەو مرۆڤیش وشیارە لەو کاتەدا
کە چی دەخوێنێت و ماناو مەبەستی چیە ئەمە لەلایەکەوە
لەلایەکی ترەوە (٧) چونکە بێگومان لە ڕۆژدا تۆ بۆ
کاروباری ژیانت هاتوچۆو گەڕانی درێژت هەیەو ناتوانیت
ئەو قورئانەی کە بۆت دادەبەزێت بیخوێنی و کاتەکانت لێ
تەنگتر دەبێتەوە

(٨) یادی پەروەردگارت بکەو بۆ بەندایەتی ئەو خۆت لە
شتانی تر ببچڕە بە بچڕاندن،

(٩) پەروەردگاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، کەهیچ
پەرستراوێکی ڕاستەقینەی تر نیە بێجگە لەئەو زاتە ،جا
تۆش هەر ئەو بکە بە پشتیوان و زامنی خۆت.

(١٠) خۆت بگرە لەسەر ئەو قسە نا پەسەندانەی کە ئەوان
دەیکەن و وازیان لێ بهێنەو وەڵامیان مەدەرەوە بە
وازهێنانێکی جوان،

(١١) سا واز لە منیش بهێنە لەگەڵ ئەو بێ باوەڕانەی کە
خاوەنی خێروبێرن تۆکەمێك ماوەیان پێبدە،

(١٢) بەبێگومان ئێمە تۆڵەی سەخت و دۆزەخمان لایە.

(١٣) جاخواردنێکیش کە لە ناخۆشیدا لە قوڕگدا
گیردەبێت و سزایەکی بەژانیش بۆستەمکاران و سپڵەو
خوانەناسان. ئەوەش کەی؟

(١٤) ئەو ڕۆژەی کە زەوی دێتە حەشۆکان و چیاکان دەبن بە
تەپۆڵکەی لمی خزۆك کە هەر لەخۆیەوە دێتەخوار پاش
ئەوەی کە ئەوچیابە هێزو ئەو بەردە ڕەقەبون، پاش
ئەوەیش دەبێت بە تۆزو با دەیبات و هەمو چاڵ و
چۆڵەکانی زەوی پێ پڕدەکاتەوە وەکو لە سورەتی (طە)دا
باسی فەرمو. جا پاش ئەورووداوە گرنگە نەمانی گیانلەبەرو
زیندوکردنەوەیان و بگرەوبەردەو نامەی کردارەکان و پاشان

بەبەهەشت یان دۆزەخ کۆتای بەم کێشەیەدێت. ئینجا
دێتەوە سەر باسی پێغەمبەرایەتی و دەفەرموێ:

(١٥) بێگومان ئێمە پێغەمبەرمان ناردە لای ئێوە کە
شایەت بێت لەسەرتان هەروەکو چۆن بۆ لای فیرعەون
پێغەمبەرمان موسا عليه السلام نارد.

(١٦) جا فیرعەون سەرپێچی لە فرمانی ئەو پێغەمبەرە کرد
ئەوسا ئێمەش بە گرتنێکی توند گرتمان و لە دەریای نیل
پاش ڕزگاربونی موساو پەیڕەوانی خۆی و پەیڕەوانیمان
خنکاند ، جا ئێوەیش ئاگاتان لەخۆتان بێت و لە فرمانی
ئەم پێغەمبەرەتان دەرنەچن ئەگینا بەر تۆڵەو غەزەبی من
دەکەون وەکو فیرعەون دوچاری ڕۆژی ڕەشی خۆتان دەبن.

(١٧) ئەگەر بێ باوەڕبن چۆن خۆتان دەپارێزن لە ڕۆژێك کە
مندالی تازە لەدایکبوی تێدا سەر سپی دەکات لە ترسا،
پێغەمبەرمان ﷺ لەباسی هاتنی قیامەتدا دەفەرموێ: { ثُمَّ
يُنْفَخُ فِي الصُّورِ فَلَا يَسْمَعُهُ أَحَدٌ إِلَّا أَصْغَى لِيتًا وَرَفَعَ لِيتًا قَالَ
وَأَوَّلُ مَنْ يَسْمَعُهُ رَجُلٌ يَلُوطُ حَوْضَ إِبِلِهِ قَالَ فَيَصْعَقُ وَيَصْعَقُ
النَّاسُ ثُمَّ يُرْسِلُ اللَّهُ أَوْ قَالَ يُنْزِلُ اللَّهُ مَطَرًا كَأَنَّهُ الطَّلُّ أَوْ الظِّلُّ
نُعْمَانُ الشَّاكُّ فَتَنْبُتُ مِنْهُ أَجْسَادُ النَّاسِ ثُمَّ يُنْفَخُ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا
هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ ثُمَّ يُقَالُ يَا أَيُّهَا النَّاسُ هَلُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ وَقِفُوهُمْ
إِنَّهُمْ مَسْئُولُونَ قَالَ ثُمَّ يُقَالُ أَخْرِجُوا بَعْثَ النَّارِ فَيُقَالُ مِنْ كَمْ
فَيُقَالُ مِنْ كُلِّ أَلْفٍ تِسْعَ مِائَةٍ وَتِسْعَةً وَتِسْعِينَ قَالَ فَذَاكَ يَوْمَ
يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا وَذَلِكَ يَوْمَ يُكْشَفُ عَنْ سَاقٍ (مسلم وغيره)
پاشان فودەکرێت بەکەڵەشاخدا، جا هەرکەس بیستی
لایەکی ملی نرم دەکاتەوە بۆ بیستن و لایەکەی تری
بەرزدەکاتەوە.فەرموی:یەکەم کەسێك کەدەیبیسێت پیاوێکە
کە خەریکی چاك کردنی حەوزی حوشترەکەیەتی ،
فەرموی:جا بێ هۆش دەکەوێت ودەمرێت و خەڵکیش
بەدوای ئەودا دەمرن ، پاشان الله بارانێك دەنێرێ یان
فەرموی: دادەبەزێنێ هەروەك بارانێکی ورد یان وەك
سێبەرێك(نوعمان کەوتوەتە دوودڵیەوە.لەراستیدا مانای
بەبارانی ورد رێك ترە لەگەل ریوایەتەکانی تردا) جا لەو
بارانەوە لەشەکانی خەڵك دەڕوێتەوە ، پاشان جارێکی تر
فوی پێدا دەکرێتەوە ، جا لەودەمەدا کتوپڕ هەڵدەسنەوە
لەپاشان دەوترێت: ئەی خەڵکینە ئامادەبن لەپێشگای

۞ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ وَطَآئِفَةٌ
مِّنَ ٱلَّذِينَ مَعَكَ ۚ وَٱللَّهُ يُقَدِّرُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ۚ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ فَتَابَ
عَلَيْكُمْ ۖ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ ۚ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَىٰ ۙ
وَءَاخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِى ٱلْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ ۙ وَءَاخَرُونَ
يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ ۚ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟
ٱلزَّكَوٰةَ وَأَقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا ۚ وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ
عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا ۚ وَٱسْتَغْفِرُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌۢ ﴿٢٠﴾

سُورَةُ المُدَّثِّر ٧٤ ٥٦

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ﴿١﴾ قُمْ فَأَنذِرْ ﴿٢﴾ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ﴿٣﴾ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴿٤﴾
وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ ﴿٥﴾ وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ﴿٦﴾ وَلِرَبِّكَ فَٱصْبِرْ ﴿٧﴾
فَإِذَا نُقِرَ فِى ٱلنَّاقُورِ ﴿٨﴾ فَذَٰلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ ﴿٩﴾ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ
غَيْرُ يَسِيرٍ ﴿١٠﴾ ذَرْنِى وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾ وَجَعَلْتُ لَهُۥ مَالًا
مَّمْدُودًا ﴿١٢﴾ وَبَنِينَ شُهُودًا ﴿١٣﴾ وَمَهَّدتُّ لَهُۥ تَمْهِيدًا ﴿١٤﴾ ثُمَّ يَطْمَعُ
أَنْ أَزِيدَ ﴿١٥﴾ كَلَّآ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ لِءَايَٰتِنَا عَنِيدًا ﴿١٦﴾ سَأُرْهِقُهُۥ صَعُودًا ﴿١٧﴾

پەروەردگارتانداو بوەستن بێگومان پرسیارتان لێ دەکرێت، فەرموی: پاشان دەبێژرێت: بەشی ئاگر دەر بهێنن، جا دەوترێت: لەچەند؟ ئەوسا دەوترێت:لەهەمو هەزارێك نۆسەدو نەوەدو نۆ کەس(واتە لەهەزار کەس یەك کەس بەهەشتی دەبێت)فەرموی:جائەو کاتەیە﴿ئەو ڕۆژەی کەمنالْ سەر سپی دەکات﴾وەئەوە﴿ئەو ڕۆژەیە کەلاقی بۆروت دەکرێت﴾.

(١٨) بە هاتنی ئەو ڕۆژە ئاسمان شەق دەبات، (ئەمە بەڵێنی خودایەو) بەڵێنی ئەویش جێ بەجێکراو دەبێت‌و گەڕانەوەو نەهاتنەدی نیە.

(١٩) بەڕاستی ئەم سورەتە ئامۆژگاریەکی گەورەیە ، جا ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێیە با بەرەو پەروەردگاری خۆی ڕێگا بگرێتەبەر ئەوسا ئەوە سەرئەنجام بە پەروەردگاری خۆی دەگات‌و پاداشتی چاکەکانی لەو زاتە گەورەیە وەردەگرێت، ئینجا کۆتایی سورەتەکە پەیوەند دەداتەوە بە سەرەتایەکەیەوە کە باسی شەو نوێژ بوو دەفەرموێ:

(٢٠) بێگومان پەروەردگارت دەزانێت کە بێگومان تۆو هەندێك لەو کەسانەش کە لەگەڵ تۆدان هەستاون بۆ شەونوێژ نزیك بە دووبەش لە سێ بەشی شەو ونزیك بەنیوەی‌و نزیك بە سێ یەکی‌و خوا هەر خۆیەتی ئەندازەی شەو و ڕۆژ دیاری دەکات، کە دەزانێت ئێوە هەرگیز بۆتان ناژمێررێت ، جا لەسەری سووك کردن‌و چاوپۆشی لێکردن ، ئەوسا بەو ئەندازەی کە دەتوانن لە شەونوێژدا لە قورئان بخوێنن، ئەو دەزانێت بەڕاستی لێتان نەخۆش دەکەوێت، هەندێکتان بۆ بەدەست هێنانی ڕۆزی ﷲ بەملاو بەولای زەویدا دەڕۆن، هەندێکیشتان شەڕ دەکەن لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ئایینی ﷲدا ، جا بەو ئەندازەی کە دەتوانن ئەوەندە لەو قورئانە بخوێنن‌و نوێژ بکەن‌و زەکات بدەن‌و قەرزی جوان بە ﷲ بدەن، واتە ماڵ ببەخشن لە ڕێگای ﷲداو ئەوەی کە پێشی دەخەن لە چاکە بۆ خۆتان لە پاشەڕۆژدا لەلای ﷲ دەستتان دەکەوێتەوە کە ئەوە چاکترەو گەورەترە لەبارەی پاداشتەوەو داوای لێخۆشبون بکەن لە ﷲ، بێگومان کە ﷲ زۆر چاوپۆشیکەرو بێنیهایەت میهرەبانە،

لە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە کە پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی:{أَيُّكُم مَالُهُ أَحَبُّ إِلَيهِ مِن مَالِ وَارِثِهِ/ کامتان ماڵی خۆتانتان لە ماڵی واریس زیاتر خۆشدەوێت؟ وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هیچکام لە ئێمە نیە مەگەر ماڵی خۆی زیاتر خۆش بوێت لە ماڵی واریسی.

فەرموی:{إعلمُوا مَا تَقُولُون؟/ ئایادەزانن چی دەڵێن؟ وتیان: هەر ئەمە دەزانین ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، فەرموی:{إِنَّمَا مَالُ أحدِكُم مَاقَدَّمَ وَمَالُ وَارِثِهِ مَاأَخَّرَ/ نسائي، صححه الألباني/ ماڵی هەریەك لە ئێوە ئەوەیە کە لە پێش مردنی خۆیدا لە چاکەدا خەرجی کردووەو ئەوەی پاش خۆی ماڵی واریسیەتی}.

(٧٤) سورەتی موددەسیر (٥٦)

سورەتی موددەسیر کە سورەتی حەفتاو چوارەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوەو پەنجاو شەش ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی دووهەمەو پاش سورەتی (العلق) و پێش (المزمل) دابەزیوە.

جا بیری کوڕی عەبدوڵا دەڵێت: بیستم لەپێغەمبەرەوە ﷺکە لەبارەی بچڕانی وەحیەوە قسەی دەکرد جا لەباسەکەیدا فەرموی: {بَيْنَمَا أنَا أمْشي سَمِعْتُ صَوْتًا مِنَ السَّمَاءِ فَرَفَعْتُ رَأسِي فَإذَا المَلَكُ الَّذِي جَاءَنِي بِحَرَاءَ جَالِسٌ عَلَى كُرْسِيٍّ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ فَجَثَثْتُ مِنْهُ رُعْبًا فَرَجَعْتُ فَقُلْتُ زَمِّلُونِي زَمِّلُونِي فَدَثِّرُونِي فَأنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ قُمْ فَأَنذِرْ﴾ إلَى ﴿فَٱهْجُرْ﴾ قَبلَ أنْ تُفْرَضَ الصَّلاةُ /الترمذي،صححه الألباني/ لەکاتێدا کەدەرۆیشتم دەنگێکم لەئاسمانەوە بیست ، جا سەرم بەرز کردوە دیم ئەو فریشتەیەیە کە لە ئەشکەوتی حەرا دا هات بۆلام کە لەنێوان ئاسمانو زەویدا لەسەر کورسیەك دانیشتوە ، جا لەترسی ئەو بە ئەژنۆدا کەوتمو ئەوکاتەی کە گەڕامەوە وتم دامپۆشن، دامپۆشن، جادایان پۆشیم ، ئەوسا خوای دەسەڵاتداری گەورە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ قُمْ فَأَنذِرْ ﴾ إلَى ﴿فَٱهْجُرْ ﴾دابەزاند پێش ئەوەی کەنوێژ فەرزبکرێت} قَال: أبُوسَلَمَةَ: وَالرُّجزُ الاوثان ـثُمَّ حَمِيَ الوَحيُ وَتَتَابَعَ/ئەبو سەلەمە دەڵێت: الرُجزَ: واتە بتەکان- پاشان گەرمەی وەحی دەستی پێ کردو یەك بەدوای یەکدا دەهات}.

بەناوی اللهﷻ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەی ئەو کەسەی کە خۆت داپۆشیوە بە پۆشاکی خۆتو دەلەرزیت لەبەرئەوەی کە وەحیت بۆ هاتوە.

(٢) هەستە، جا خەڵکی بترسێنە بەسزای اللهﷻ ئەگەر باوەڕ نەهێنن. بە هاتنی ئەم سورەتە پێغەمبەر ﷺ وەکو پێغەمبەر بو، بو بە گەیەنەرو پەیام ڕەسان (الرّسول) چونکە هەر کەسێك لەلایەن خواوە پەیامی بۆ هات ئەوە (نبی)یەو ئەگەر فرمانی گەیاندنی بەسەردا درا ئەوە (رسول)یشە واتە :هەمو رەسولێك نەبیە بەڵام مەرج نیە هەمو (نبی)یەك رەسول بێت.

(٣) سا پەروەردگاری خۆت بە گەورە ڕا بگرەو دوورکەوە لەو وەسفانەی کە بت پەرستان بۆی دادەنێن لە هاوبەشو هاوسەرو منداڵو کچ.

(٤) جا پۆشاکەکانیشت پاك بکەرەوە، چ پۆشاکی مادی بێت یان خوورەوشت بێت یان خێزانوماڵەوە بێت یان پاكو خاوێنی ناو دەرون بێت، چونکە بێگومان پاكو خاوێنی هەمویان پێویستە لەسەر خۆیو ئومەتەکەیشی.

(٥) ئەوسا لەسەر دورکەوتنەوە لە بتەکان بەردەوامو خۆ ڕاگربە بەوشێوەی کە فرمانت بەسەردا دەدرێت.

(٦) جا چاکە لەگەل خەڵکدا نەکەیتو چاوەڕوانی پاداشتی زیاتری لێ بکەیت، ئەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ قەدەغەبوە ، بەڵام لەناو ئومەتەکەیدا ئەوە قەدەغە نیە ، چونکە پێغەمبەر ﷺ هەمو شتێکی چاکەیە بۆخەڵك ، جا ئەگەر چاوەڕێی پاداشتی زیاتریان لێ بکات باریان گران دەبێتو لەوانەیە لێی نزیك نەبنەوە ، بۆیە اللهﷻ داوای لەو کردوە کە ئەو چاوەڕوانیە لە خەڵك نەکات. چەندین مانای تر کراوە کە ئەمەیان نزیکترە. والله أعلم.

(٧) جا بۆ ڕازی کردنی پەروەردگارت لەسەر ئێشو ئازاری ڕێگای بانگەوازەکەت خۆڕاگربەو پەلە مەکەو نائومێد مەبە.

(٨) هەر کاتێك فو کرا بە کە ڵەشاخدا. لەبەهزی کوڕی حەکیمەوە هاتوە کە وتویەتی: { أمَّنَا زُرَارَةُ بنُ أوفَى ﷺ في مَسْجِدِ بَنِي قُشَيْرٍ فَقَرأَ المُدثر فَلمَّا بَلَغَ فَإذَا نُقِرَ في النَّاقُورِ خَرَّ مَيِّتًا /الحاكم، صححه الألباني/ زورارەی کوڕی ئەبوئەوفا ﷺ لەمزگەوتی بەنی قوشەیردا ئیمامەتی بۆکردین جا موددەسیری خوێند کە گەیشتەبە﴿ فَإِذَا نُقِرَ فِى ٱلنَّاقُورِ / هەر کاتێك فو کرا بە کەڵەشاخدا﴾کەوتومرد}.

(٩) جا ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆرسەختە.

(١٠) لەسەر خوانەناسان ئاسان نیە. چونکە هەر لەناو سزادان و بە هیچ شێوەیەکیش لێی رزگار نابنو هەمونەخشە و پیلانەکانیان لە دژی خواو ئایینو

إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ﴿١٨﴾ فَقُتِلَ كَيۡفَ قَدَّرَ ﴿١٩﴾ ثُمَّ قُتِلَ كَيۡفَ قَدَّرَ ﴿٢٠﴾ ثُمَّ نَظَرَ
﴿٢١﴾ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ ﴿٢٢﴾ ثُمَّ أَدۡبَرَ وَٱسۡتَكۡبَرَ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ
يُؤۡثَرُ ﴿٢٤﴾ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا قَوۡلُ ٱلۡبَشَرِ ﴿٢٥﴾ سَأُصۡلِيهِ سَقَرَ ﴿٢٦﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ
مَا سَقَرُ ﴿٢٧﴾ لَا تُبۡقِي وَلَا تَذَرُ ﴿٢٨﴾ لَوَّاحَةٞ لِّلۡبَشَرِ ﴿٢٩﴾ عَلَيۡهَا تِسۡعَةَ عَشَرَ
﴿٣٠﴾ وَمَا جَعَلۡنَآ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَٰٓئِكَةٗۖ وَمَا جَعَلۡنَا عِدَّتَهُمۡ إِلَّا فِتۡنَةٗ
لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيَسۡتَيۡقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَيَزۡدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِيمَٰنٗاۙ
وَلَا يَرۡتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۙ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ
وَٱلۡكَٰفِرُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلٗاۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي
مَن يَشَآءُۚ وَمَا يَعۡلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَۚ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡبَشَرِ ﴿٣١﴾ كَلَّا
وَٱلۡقَمَرِ ﴿٣٢﴾ وَٱلَّيۡلِ إِذۡ أَدۡبَرَ ﴿٣٣﴾ وَٱلصُّبۡحِ إِذَآ أَسۡفَرَ ﴿٣٤﴾ إِنَّهَا لَإِحۡدَى
ٱلۡكُبَرِ ﴿٣٥﴾ نَذِيرٗا لِّلۡبَشَرِ ﴿٣٦﴾ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَتَقَدَّمَ أَوۡ يَتَأَخَّرَ ﴿٣٧﴾ كُلُّ
نَفۡسِۢ بِمَا كَسَبَتۡ رَهِينَةٌ ﴿٣٨﴾ إِلَّآ أَصۡحَٰبَ ٱلۡيَمِينِ ﴿٣٩﴾ فِي جَنَّٰتٖ يَتَسَآءَلُونَ
﴿٤٠﴾ عَنِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿٤١﴾ مَا سَلَكَكُمۡ فِي سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُواْ لَمۡ نَكُ مِنَ
ٱلۡمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمۡ نَكُ نُطۡعِمُ ٱلۡمِسۡكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ
ٱلۡخَآئِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴿٤٦﴾ حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلۡيَقِينُ ﴿٤٧﴾

پێغەمبەرانو پەیڕەوانیان ئاشکرا دەبێتو ناتوانن حاشای لێ بکەن، ئیتر چۆن سەخت نیە؟ جا ﷲ دەفەرموێ:

﴿١١﴾ وازم لێ بێنە بۆ ئەو کەسەی کە بە تەنهایی دروستم کردوە کەچی ئەو هاوبەشم بۆدادەنێت.

﴿١٢﴾ خۆ دارایيەکی زۆریشم پێداوە؛

﴿١٣﴾ وە چەندین کوڕم پێداوە کە هەمیشە لەلای ئامادەن بۆ پاراستنو خزمەتکردنی.

﴿١٤﴾ ئامادەم کردوە هەمو شتێك بۆی بە ئامادەکرنێکی تێروتەسەل کەچی دژایەتیم دەکات؟!

﴿١٥﴾ پاشان لەگەل ئەو هەمو سپڵەییو خوانەناسیەیدا هێشتا بەتەمایە بۆی زیاد بکەم؟!

﴿١٦﴾ نەخێر شتی وا نابێتو تازە زیاتری پێ نادەم ،چونکە بەڕاستی ئەو دوژمنایەتی نیشانەکانی ئێمە دەکات، کەواتە لاساری خۆی بوەتە هۆی لەناوچونو نان بڕانیو ئێمە ستەممان لەو نەکردوە.

﴿١٧﴾ بەم زوانە توشی سزای گەورەو توندی وای دەکەم بەناویدا بەرزبێتەوە، کەسێك کەهیچ هەڕەشەیەکیشی لەسەر نەبێت ئەگەر بیەوێت بەشوێنێکدا سەرکەوێت دوچاری ماندویو هەناسە تەنگی دێت ، ئەی ئەگەر ئەو کەسە بە ناو ئاگرداو لەسەریەوە چڕەدوکەڵ هەبێت وبەچیای ئاگردا سەری بخەن دەبێ حالی چۆن بێت؟

﴿١٨﴾ بێگومان ئەو بیری کردەوەو قسەکانی پێغەمبەری ﷺ هەڵسەنگاندو نەیدەزانی چی بڵێ. ﴿١٩﴾ بەر نەفرینو سزا کەوێت چۆنی هەڵسەنگاندوە.

﴿٢٠﴾ پاشان بەر نەفرینو سزا بکەوێت چۆنی لێکداوەتەوە.

﴿٢١﴾ پاشان تەماشای کرد هەر سەری لە هیچ دەرنەچوو.

﴿٢٢﴾ پاشان ڕووی گرژ کردو زۆر سپڕایە خۆی نەیدەزانی چی بڵێت.

﴿٢٣﴾ پاشان پشتی تێکردو خۆی بە گەورە گرتو نەیویست خۆی لەپێش چاوی قورەیش بشکێنێت.

﴿٢٤﴾ ئەوسا وتی: ئەمە هەر جادویەکی کۆنەو محمد هێناویەتی.

﴿٢٥﴾ ئەمە هەر قسەی مرۆڤە، ئەوکەسەی ئەم قسانەی کردوە وەلیدی کوڕی موغەیرەی مەخزومیە کە یەکێك لە سەرۆکەکانی ئەو کاتەی قورەیش بوە ، کە چوە ماڵی ئەبوبەکری سدیقو لەبارەی قورئانەوە پرسیاری لێکردوە ، جا کاتێك ئەو باسی قورئانی بۆ کردوە هاتوەتە ناو قورەیشو وتویەتی کوڕی ئەبوکەبشە شتێکی سەیر دەڵێت! بەخوا ئەوە نە هەڵبەستەو نە جادوەو نە قسەی بێ سەروبەری شێتە، بێگومان ئەو قسەیە قسەی خودایە. جا کاتێك چەند کەسێکی قورەیش ئەمەیان لێ بیست کەوتنە یەك خوێندنەوەو وتیان: بەخوا ئەگەر وەلید لەم دینەی قورەیش هەڵبگەڕێتەوەو بچێتە سەر دینی کوڕی ئەبوکەبشە هەمو قورەیش پەیڕەوی دەکەنو دەچنە سەر ئەو دینە ، جا کاتێك ئەبوجەهلی کوڕی هیشام بیستی، وتی: من ئەوەتان بۆ چارە دەکەم، هەستا چووە لای ماڵی وەلیدو پێی وت: ئایا نەتبینی کە گەلەکەت خێرو سەدەقەت بۆ کۆدەکەنەوە؟ جا وتی: ئەی من لە هەمویان سەروەتو سامانو منداڵم زۆرتر نیە؟ ئەبوجەهل وتی: دەڵێن: ئەو کابرایە دەچێت بۆ لای ئەبوقوحافە تا

خواردنێکی دەستکەوێت، جا وەلید بەم قسەیە ڕقی
هەستاو وتی: ئایا هۆزەکەم ئەم قسە دەکەن؟! دەسا سوێند
بە اللّٰه نە نزیك دەبمەوە لە ئەبوقوحافەوەو نە لە عومەرو
نە لە کوڕی ئەبوکەبشەوەو قسەکەشی هەر جادووە دەست
بەدەست بە محمد گەیشتوە ، جا اللّٰه ئەم ئایەتانەی نارد بۆ
پێغەمبەرەکەی ﷺ لەئایەتی: ﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴾
هەتا ﴿ لَا تُبْقِي وَلَا تَذَرُ ﴾ /البيهقي،صحيح السيرة/ ئینجا دەفەرموێ:
(٢٦) بەم زووانە دەیخەینە ناو سەقەرەوە. (٢٧) جا تۆ
نازانیت سەقەر چیە؟
(٢٨) سەقەر نە هیچ شتێك لە گۆشتو دەمار دەهێڵێتو نە
وازیشی لێ دەهێنێت بەڵام نامرێتو هەمیشە بۆی چاك
دەکرێتەوەو دەسوتێنرێت.
(٢٩) پێستی هەڵدەقرچێنێتو دەیسوتێنێت.
(٣٠) نۆزدە فریشتەی گەورەو دڵڕەق فەرماندارن لەسەر ئەو
سەقەرە.
(٣١) خۆ ئێمە جگە لە فریشتەکان کەسانێکی ترمان
نەکردوە بە فەرمانداری ئاگرو ژمارەی ئەوانمان (بە
نۆزدە) داناوە هەر بۆ تاقیکردنەوەیە کە بۆ ئەو کەسانەی
کە خوانەناسن، تا ئەوانەی کە پەڕاویان پێدراوە دڵنیابن
لەڕاستی پێغەمبەر ﷺ چونکە ڕێکە لەگەڵ ئەوەی کە بۆ
ئەوان هاتوەو تا باوەڕدارانیش باوەڕەکەیان زیاتر ببێت، تا
نە ئەوانەی کە پەڕاویان پێدراوەو نە باوەڕداران گومانیان
نەمێنێت لە ڕاستیو دروستی محمد ﷺ و پەیامەکەیدا، وە
تا ئەوانەی کە دڵ نەخۆشنو ئەوانەش کە خوانەناسن
بڵێن: مەبەستی اللّٰه چیە لەم نمونانەدا (وبۆچی باسی
مێشولەو جاڵجاڵۆکە دەکات؟!) هەروەها خودا باس دەکاتو
نمونەش دەهێنێتەوە و ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێبێت
سەری لێ تێکدەدات، ئەو کەسەش کە ئارەزۆی لێبێت
خۆشبەختی دەکات بە ڕێنمویەکانیو سەربازانی
پەروەردگارت (ئەوەندە زۆرە کەس ژمارەیان نازانێت)
مەگەر هەر اللّٰه خۆی بزانێت، ئەم سەقەرەیش (دۆزەخ)
هەر بۆ بە بیرهێنانەوەیە بەڵکو لەو سزایە بترسنو ڕێگای
ڕاست هەڵبژێرن، لە فەرمودەیەکدا کە ئیمامی مسلمو
ترمزی هێناویانە هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ
فەرمویەتی: {يُؤتَى بِجَهَنَّم يَوْمَئِذٍ لَهَا سَبْعُونَ أَلفَ زِمَامٍ مَعَ كُلِّ
زِمَامٍ سَبْعُونَ أَلفَ مَلَكٍ يَجُرُّونَهَا/ ئەو کاتە دۆزەخ دەهێنن
حەفتا هەزار هەوساری هەیەو لەگەڵ هەر هەوسارێکدا
حەفتا هەزار فریشتەیە کە ڕایدەکێشن}.
(٣٢) وانیە کەدین دژمنان دەیڵێنو سوێند بە مانگ ئەم
قورئانە قسەی خودایە.
(٣٣) سا سوێند بە شەو ئەو کاتەی کە پشتی تێدەکاتو بۆی
هەڵدێ.
(٣٤) جا سوێند بە بەرەبەیانی ئەو کاتەی کە دەردەکەوێتو
زاڵ دەبێت بەسەر تاریکیدا.
(٣٥) بەبێگومان ئەو ئاگرەبەتینەی سەقەر یەکێکە لە شتە
گەورەکان. (٣٦) کەترسێنەرە بۆگشت مرۆڤـ.
(٣٧) بۆ ئەو کەسەی لەئێوە کە دەیەوێت بەرەو پێش
بڕواتو ڕاستی بناسێتو پەیرەوی بکاتو بگات بە
بەهەشت یان ئەوەی کە دەیەوێت خۆی دوابخاتو خەریکی
خراپە بێتو بچێتە دۆزەخ.
(٣٨) ؟ هەمو کەسێك وا لە بارمتەی ئەوەی کە کردویەتی.
(٣٩) جگە لە یارانی دەستە ڕاست.
(٤٠) کە لەناو باخاتێکی زۆرو زەبەنەدان.
(٤١) کە لەبارەی ستەمکارانەوە پرسیار دەکەن (و دەڵێن)
(٤٢) چی ئێوەی کێشاوە بۆ ناو سەقەر؟
(٤٣) وتیان: ئێمە نوێژ نەکەر بوین.
(٤٤) جاخواردنمان بە نەداران نەدەدا.
(٤٥) وە لەگەڵ خەڵکی سەرگەرم بە گاڵتەوگەڤو
پڕوپوچەکاندا بوین.
(٤٦) خۆباوەڕیشمان بە ڕۆژی قیامەت نەبو.
(٤٧) هەتا مردین ئەو کاتە گەیشین بە یەقینو دڵنیابوین
ئەوەی کەپێغەمبەران وتبویان هەمووراستە ، بەڵام تازە چی
سوودێکی هەیە بۆیان خۆ زۆریش نابات لەناو سەقەردان.

فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ (٤٨) فَمَا لَهُمْ عَنِ ٱلتَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ
(٤٩) كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ (٥٠) فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍۭ (٥١) بَلْ يُرِيدُ
كُلُّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ أَن يُؤْتَىٰ صُحُفًا مُّنَشَّرَةً (٥٢) كَلَّا ۖ بَل لَّا يَخَافُونَ
ٱلْءَاخِرَةَ (٥٣) كَلَّآ إِنَّهُۥ تَذْكِرَةٌ (٥٤) فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ (٥٥)
وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ هُوَ أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ وَأَهْلُ ٱلْمَغْفِرَةِ (٥٦)

(٧٥) سُورَةُ القِيَامَةِ (٤٠)

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

لَآ أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ (١) وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ (٢) أَيَحْسَبُ
ٱلْإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُۥ (٣) بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّىَ بَنَانَهُۥ (٤) بَلْ
يُرِيدُ ٱلْإِنسَٰنُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُۥ (٥) يَسْـَٔلُ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلْقِيَٰمَةِ (٦) فَإِذَا بَرِقَ ٱلْبَصَرُ
(٧) وَخَسَفَ ٱلْقَمَرُ (٨) وَجُمِعَ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ (٩) يَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍ
أَيْنَ ٱلْمَفَرُّ (١٠) كَلَّا لَا وَزَرَ (١١) إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمُسْتَقَرُّ (١٢) يُنَبَّؤُا۟ ٱلْإِنسَٰنُ
يَوْمَئِذٍۭ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ (١٣) بَلِ ٱلْإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ (١٤) وَلَوْ أَلْقَىٰ
مَعَاذِيرَهُۥ (١٥) لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ (١٦) إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ
وَقُرْءَانَهُۥ (١٧) فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ (١٨) ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ (١٩)

(٤٨) جا تكای تكاكاران لەو ڕۆژەدا هیچ سودێك بەوان ناگەیەنێ، ئینجا قورئان دەمانهێنێتەوە بۆ دنیا، وەكو ئەوە بڵێ بیربكەرەوە تا بەو ڕۆژە ڕەشە نەگەیشتوی فریای خۆت بكەوەو دەفەرموێ:

(٤٩) جا ئەوە بۆچی ئەوان لەم ئامۆژگاریە پشت هەڵدەچەرخێنن؟

(٥٠) ئەوانە هەروەكو ئەو كەرەكێویانە وان،

(٥١) كە لە ترسی شێر هەڵدێن. ئەوانیش ئاوا لە قورئان هەڵدین؟!

(٥٢) نەك هەر ئەوەیش، بەڵكو هەمو كەسێك لەوان دەیەوێت چەندین پەڕەی بڵاوكراوەی لەلایەن خوداوە پێ بدرێت كەفرمانی پێ بكات بۆ پەیڕەوی كردن لەو پێغەمبەرە ﷺ . (٥٣) شتی وا نابێت، بەڵكو ئەوان لە قیامەت ناترسن بۆیە ئاوەها بێ باكن لە دژایەتی ئاییندا .

(٥٤) باش بزانن، كە ئەو قورئانە ئامۆژگاریە.

(٥٥) ئەوسا هەر كەسێك ئارەزۆی لێ بێت دەیخوێنێتو پەندی لێ وەردەگرێت.

(٥٦) جا بیریش ناكەنەوەو نایخوێننەوە مەگەر خوا ئارەزۆی لێ بێت، هەر ئەو زاتەیە كەشایستەی لێ ترسانەو هەر خۆیشی لایقە بەوەی كە چاوپۆشی بكات لە تاوانی بەندەكانی.

(٧٥) سورەتی قیامە (٤٠)

سورەتی قیامە كە سورەتی حەفتاوپێنجەمی قورئانە، لە مەكەدا هاتوەتە خوارەوە، چل ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سورەتی سی و یەكەمەو پاش سورەتی (القارعة) و پێش (الهمزة) دابەزیوە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بە ڕۆژی قیامەت كە ڕۆژی زیندوكردنەوەی هەمو گیانلەبەرانە بۆ حەشرو حیساب. پتی (لا) زیادە لێرەو لەسەر ئایەتی دوایشدا، هەندێك دەڵێن زیاد نیە بەڵكو ئەو پیتە بۆ دووپاتكردنەوەیە یان بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەی بت پەرستانە كە پێیان وابو كە قیامەت نیە، واتە وانیە كە ئێوە گومانی دەكەن.

(٢) سوێند بەو نەفسەی كە زۆر سەرزەنشتكەرە. ئەم جۆرە نەفسە باشەو نەفسی باوەڕدارە ،چونكە باوەڕی بە حەشرو حیساب هەیە بۆیە زۆر سەرزەنشتی خاوەنەكەی دەكات لەسەر ئەو ئیشە ناپەسندانەی كە دەیانكات بەو هۆیەوە نەفسێكی باشەو خوا سوێندی پێ دەخوات، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ:{مَنْ سَرَّتْهُ حَسَنَتُهُ وَسَاءَتْهُ سَيِّئَتُهُ فَذَلِكُمُ الْمُؤْمِنُ / الترمذي، صححه الألباني/ هەركەسێك چاكەكەی دڵ خۆشی كردو خراپەكەی دڵ تەنگی كرد ئەوسا ئەوە باوەڕدارە}ئینجا دەفەرموێ:

(٣) ئایا مرۆڤ وا گومان دەبات كە ئێمە ناتوانین ئەو ئێسكە رزیوانە كۆبكەینەوە؟

(٤) وانیە ئەوەی كە ئەوان بۆی دەچن، زیندوی دەكەینەوەو دەسەڵاتی ئەوەشمان هەیە كە سەر ئەنگوشتەكانیشی ڕێكوپێك بكەینەوە (كە ئەمەش یەكێكی ترە لە موعجیزە زۆرو زەبەنەكانی قورئان كە لێرەدا باسی سەرئەنگوشتی كردوە، چونكە ئێستا دەركەوتوە كە ئەو هەمو مرۆڤە لەو سەر زەویە دایە هیچ

کەسێك سەر ئەنگوشتی لەوی تر ناچێت، ئەمە ئەگەر قسەی خودای زاناو دانا نیە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار زیاتر لە هەزارو چوار سەد ساڵ لەمەو پێش چۆن ئەمەی زانیوە کە دروستکردنەوەی سەرئەنگوشت کارێکی زۆر سەختو گەورەیەو جگە لە خودا لە توانای کەسی تردا نیە؟!

٥ نەخێر، مرۆڤ هەرچەند ئامۆژگاری بکرێت ئەو هەر دەیەوێت پاشەڕۆژی خۆی خراپ بکات.

٦ دەپرسێت کەی ئەو ڕۆژەی قیامەت دێت؟ گاڵتە بەو قسەیە دەکاتو باوەڕی بەو ڕۆژە نیە، جا پەروەردگار لە وەڵامیدا دەفەرموێ:

٧ جا ئەو کاتەی کە چاو لە ترساندا ئەبڵەق دەبێت چونکە چاوی بەو ڕۆژە دەکەوێت کە باوەڕی پێی نەبوە.

٨ جا کاتێك کە ڕوناکی مانگ نامێنێت.

٩ ئەوکاتەی کە ڕۆژو مانگ کۆکرانە . کەوەکو یەکیان لێ هات لە نەمانی ڕوناکیاندا یان ئەو کاتەی کە هەردووکیان لە ڕۆژئاواوە هەڵدێن کە ئیتر ئەو کاتە تەوبە وەرناگیرێت.

١٠ ئەو ڕۆژە مرۆڤ دەڵێت: ڕێگای ڕاکردن کوا؟ بۆ کوێ ڕابکەمو پەنا بۆ کوێ ببەم؟

١١ وانیەو جێگای ڕاکردن نیەو ئەو ڕۆژەش هەر دێت.

١٢ ئارامگا هەرلەلای پەروەردگارتە و پەناگاو جێگای ڕاکردنی تر بۆ کەس نیە، دەبێت بە خۆیو بە نامەی کردارەکانیەوە لەبەر دەمی دادگای خودا دا ئامادەبێت.

١٣ ئەو ڕۆژە بە مرۆڤ دەوترێت کە چی پێش خستوە بۆ قیامەتیو چ شتێکیشی لێ بەجێماوە؟ واتە هەواڵی تەواوی کردەوەکانی لە چاكو لەخراپ پێ دەردرێت.

١٤ نەخێر ئەگەر ئەوەش نەبوایە، هەر مرۆڤ بۆ خۆی زۆر شارەزای خۆیەتیو چاك خۆی دەناسێت. تای "(ة) ی ﴿بَصِيرَةٌ﴾ بۆ مبالەغەیە وەکو (علاّمَة/ زۆر زانا) وایە".

١٥ خۆ ئەگەر دەیانو سەدان بەهانەیش بهێنێتەوە هیچ سودێکی نابێت. چونکە تاوانەکانی هەموی بە تۆمارکراوی و تەسجیل کراوی و وێنەگیراوی لەپێش دەمیدا دادەنرێتو ناتوانێت حاشا لە هیچی بکاتو شایەتەکانیشی هەمویان بەخۆیەوەن، دەستو زمانو لاقو لاشەیەتیو هەمویان لێی دێنە قسەو شایەتی لەسەر دەدەن. ئینجادێتەسەر باسی پێغەمبەرایەتی، پێغەمبەرمان ﷺ لەسەرەتای وەحی دا زۆر سوربو لەسەر لەبەرکردنی ئەم قورئانەو زۆر بە پەلەبو نەوەك لەبیری بچێتەوە، جا هەرکە جبرئیل دەیخوێند ئەویش بەپەلە لەگەلیدا دەیخوێند، بەڵام پەروەردگاری میهرەبان ئەم بارەی لەسەر سوك کردو فەرموی:

١٦ هیچ تەکانێك بە زمانت مەدە بۆ ئەوەی پەلەبکەیت بە خوێندنی ئەم قورئانە (واتە، مەترسە لە لەبیرچونەوەی).

١٧ چونکە بەڕاستی ئێمە ئەو قورئانە کۆدەکەینەوەو بۆت دەخوێنینەوە.

١٨ جا هەر کاتێك ئێمە خوێندمانەوە بۆت لەڕێگای جبرەئیلەوە ئەوسا تۆیش بەدوای خوێندنەوەی ئەودا بڕۆو لەکاتی خوێندنیدا تەنها گوێ بگرەو بێ دەنگ بە و قسە مەکە.

١٩ پاشان شیکردنەوەو ڕۆشنکردنەوەی لەسەر ئێمەیەو ترسی لەبیرچونەوەت نەبێت، ئەم چەند ئایەتە بەقسەی لابەلا (المعترضة) حیسابەو بۆنەی زۆر وتراوە لە

كَلَّا بَلۡ تُحِبُّونَ ٱلۡعَاجِلَةَ ﴿٢٠﴾ وَتَذَرُونَ ٱلۡأٓخِرَةَ ﴿٢١﴾ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾
إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٞ ﴿٢٣﴾ وَوُجُوهٞ يَوۡمَئِذِۭ بَاسِرَةٞ ﴿٢٤﴾ تَظُنُّ أَن يُفۡعَلَ بِهَا فَاقِرَةٞ ﴿٢٥﴾
كَلَّآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِيَ ﴿٢٦﴾ وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ ﴿٢٧﴾ وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلۡفِرَاقُ ﴿٢٨﴾ وَٱلۡتَفَّتِ
ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ ﴿٢٩﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡمَسَاقُ ﴿٣٠﴾ فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ
﴿٣١﴾ وَلَٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿٣٢﴾ ثُمَّ ذَهَبَ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ يَتَمَطَّىٰٓ ﴿٣٣﴾ أَوۡلَىٰ لَكَ
فَأَوۡلَىٰ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ أَوۡلَىٰ لَكَ فَأَوۡلَىٰٓ ﴿٣٥﴾ أَيَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَن يُتۡرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾
أَلَمۡ يَكُ نُطۡفَةٗ مِّن مَّنِيّٖ يُمۡنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةٗ فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنۡهُ
ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ﴿٣٩﴾ أَلَيۡسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحۡـِۧيَ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴿٤٠﴾

٧٦ سُورَةُ الإِنسَانِ ٣١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ﴿١﴾
إِنَّا خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن نُّطۡفَةٍ أَمۡشَاجٖ نَّبۡتَلِيهِ فَجَعَلۡنَٰهُ سَمِيعَۢا
بَصِيرًا ﴿٢﴾ إِنَّا هَدَيۡنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرٗا وَإِمَّا كَفُورًا ﴿٣﴾
إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغۡلَٰلٗا وَسَعِيرًا ﴿٤﴾ إِنَّ
ٱلۡأَبۡرَارَ يَشۡرَبُونَ مِن كَأۡسٖ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا ﴿٥﴾

تەفسیرەکاندا، بەڵام من پێم وایە پێویست بەو دوور ڕۆیشتنە نیە، چونکە پێغەمبەرمان ﷺکە ئەم سورەتەی تا ئەو ئایەتە بەهۆی جبرەئیلەوە بۆ خوێنراوەتەوە زۆر سوربوە بۆلەبەر کردنیو هەر لەگەڵ خوێندنی ئەودا (وەکو باسمان کرد) خوێندویەتی خودایش بەو چەند ئایەتانە ئامۆژگاری کردوەو ئەو ترسەی لەسەر دڵی لابردوە، پاشان چوەتەوە سەر مەبەستەکە کە باسی پاشەڕۆژە کە یەکێکە لە سێ بناغە بنەڕەتیەکەی ئیسلام (الْمَبْدَأ وَالنُّبُوَّة وَالْمِيعَاد /سەرەتاو پێغەمبەرایەتیو کۆتایی) لەڕاستیدا ماوەی سیانزە ساڵی پێغەمبەرمان ﷺ بە چەسپاندنی ئەو سێ شتەوە خەریك بوەو سورەتە مەکییەکان بەزۆری هەر قسە لەسەر ئەو سێ بابەتە دەکەنو ئەم سورەتەش یەکێکە لەو سورەتە مەکییانەو باسی قیامەتو پاشەڕۆژ دەکات (الْمِيعَاد) ، جا هەر چەند ئەوانە لاوازبن لەدڵی مرۆڤدا ئەوەندە ئەو مرۆڤە لەئایین دور دەکەوێتەوە، موسڵمانانی سەرەتای ئیسلام لەسەر ئەو سێ بناغەیە پەروەردەبون بۆیە بەو ژمارە کەمەوە نەترسانە ئەوپەیامەیان بەبێ زیادو کەم بەجیهان گەیاندو تواناى بەرپەرچدانەوەى هەمو هێرشێکی دوژمنیان هەبو نەك لەمردن ترسیان نەبو، بەڵکو بۆ مردن لەرێگای خودادا کێ بەرکێیان دەکرد، چونکە باوەڕیان بەو سێ بناغەیە باوەڕێکی ڕاستو بتەوو بەهێزبو، ئەوەبو پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ باسی بەهەشتی دەکرد یەکێك لەیارانی ئامادەی ئەوە نەبو کە سێ دەنکە خورما تەواوبکات ئەوسا بچێتە مەیدانەوەبۆ شەهادەت، لەراستیدا پێچەوانەکەیشی پێچەوانەیە وەك ئەمڕۆ خۆمان زیاتر لە یەك ملیاردو نیوموسڵمان بێجگە لەسەر شۆڕیو داماوی خاوەنی چین؟ بەچکەی موسڵمانەو لەوانەشە نوێژ کەرو ڕۆژو گریش بێت دژی خواو ئایینو موسڵمانان ئیشی پێ دەکرێتو شانازیشی پێوە دەکات؟!

ئەمە لەبەر ئەوەیە لەسەرەوە فێری ئایین بوەو لە بناغەیەوە هیچ نازانێتو لەبەر خۆشی دنیاوەمەستبونی بەپلەو سامانەکەیەوە ئامادەیش نیە فێری ببێت! بەراستی موسیبەتێکی زۆر گەورەیە، جاوەرن گوێ لەخالقی خۆتان بگرن بزانن چی دەفەرموێ:

﴿٢٠﴾ بزانن، یان نەکەن، کاری وا بکەن پشت بکەنە قورئان، بەڵکوئێوە ئەودنیایەی کەبەپەلە لەدەستتان دەردەچێت ئەوەتان خۆشدەوێتوهەربەوەوە سەرگەرمن.

﴿٢١﴾ خۆ وازیشتان لە دوارۆژ هێناوەو ئیشی بۆناکەن کە هەر ئەوەش ماڵی ئایندەتانە.

﴿٢٢﴾ جا قیامەت کە هات، ئا لەو ڕۆژەدا کەسانێك هەن کە دەموچاویان لەکەیفوشادمانیدا دەدرەوشێتەوە.

﴿٢٣﴾ چونکە ئەوانە لەو ڕۆژەدا تەماشای پەروەردگاری خۆیان دەکەن، لە فەرمودەدا هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: {إِنَّكُم سَتَرَونَ رَبَّكُم عَيَانًا/البخاری/ بێگومان ئێوە بەم زوانە بە ئاشکرا پەروەردگاری خۆتان دەبینن}واتە، لە ڕۆژی قیامەتدا. وە چەندین فەرمودەی تر هەیەو خودی ئایەتەکەو ئەم فەرمودەیە بەسە بۆ خاوەن باوەڕان.

(٢٤) جا کەسانێکی تریش هەن کە دەمو چاویان مۆن و گرژە لەو ڕۆژەدا.

(٢٥) کە گومانی ئەوەش دەکەن کە سزای سەختو پشت شکێنیان توش ببێت چونکە وەك وترا خۆیان چاك دەزانن چیان کێلاوە.

(٢٦) ئەمانە هەر بیرناکەنەوە هەتا ئەو کاتەی کە مەرگ ناقیان دەگرێتو جوکەیان دەبرێت.

(٢٧) جالەو کاتەدا دەبێژرێت: کێ هەیە نزاو دوعای بۆ بکاتو یان کێ ئەم ڕۆحە بەرز دەکاتەوە؟ فریشتەی ڕەحمەت یان فریشتەی سزا؟ واتە لەو کاتەدا خزمانی نزیکیو ژیری تازە دەزانن ئەوە دەمرێت، باشترین قسەیان ئەوەیە کە بڵێن خوا ڕەحمی ئیمانی پێ بکاتو فریشتەی ڕەحمەت گیانی دەرکات، چونکە هیچی تریان لە دەست نایەت بۆی لەو کاتەدا بێجگە لەوە، جا خوێنەری بەڕێز خۆت بخەرە ئەو کاتەو کەمێك لە پاشەڕۆژی خۆت وردببەرەوەو بزانە تۆ دەبێ لەکام یەك لەو دووبەشانە بیت.

(٢٨) بەهەناسەدانی و بەرەبینگە پێکەوتنی دڵنیا دەبێت کە بێگومان ئەمە ئیتر جیابونەوەیە لە کەس‌وکارو خۆشەویستانو سەروەتو سامانی، هەرچییەکی هەبو نەیدا دەرمانی،دەبێ هەر بڕوات بۆلای یەزدانی، خۆ ئەو کاتەش دێتە بەرچاوی باری تاوانیو لەبەرزانی مەرگ نیەتی وجانی، شەیتانیش ئەوکاتە خۆی پیشان دەداتوەك هاوزمانیو دەبێ بەدۆستی گیانی بەگیانیو پێی دەڵێ سوجدەیەکم بۆببە گەر بەچاویشبێ ئەوسەختیەت لەسەر نامێنێت، خۆ ئەگەر وای کرد ئیتر ئەوەیە سەلبی ئیمانی، خواپەنامان بدات.

(٢٩) جا کابرای گیان گەیشتو بەگەرو، قاچەکانی بە دەوری یەکدا بادەخۆن چونکە تازە گیانی تێدا نەماوەو شلو خاودەبنەوە.

(٣٠) ئەو ڕۆژە هەر بەرەو خوایە جێگای پاڵپێوەنانت خۆ متکردنو جێگای خۆ دزینەوەت نیە، (٣١) چونکە هەرگیز نەباوەڕی بوەو نە نوێژیشی کردوە. واتە، نە کرداری دڵی بوەو نە کرداری لەشیو هیچ چاکەیەکی نەبوە نە بەنهێنیو نە بە ئاشکرا.

(٣٢) نەك هەر ئەوە بەڵکو وتویەتی هاتنی قیامەتیش درۆیەو گوێی پێنەداوەو پشتی تێکردوە.

(٣٣) پاشان بە لارەولەنجەو خۆبادانەوە چوەتە لای خاوخێزانی لە دنیاداو پاشەڕۆژو حیسابو تۆڵەی بەڕاست نەدەزانی، ئینجا پەروەردگار ڕوی سەرزەنشتی تێ دەکاتو دەفەرموێ:

(٣٤) بەڵێ شایستەیە بۆ تۆ ئاوا لە خۆت بایی ببیتو باوەڕ بە دروستکەری خۆت نەکەیت؛ سا هەرئەوە باشە بۆت؛

(٣٥) پاشان هەر ئەوە شایستەی تۆیە، سا هەرئەوە باشە بۆت؛ بەڕاستی ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندە لەلایەن خالیقی مرۆڤەوە بۆ ئەو مرۆڤە بێ باوەڕو نەمەك نەناسو سپڵەیانە کە ڕێزی پەروەردگاری خۆیان ناگرنو بەندایەتی بۆ ناکەن، ئینجا دەفەرموێ:

(٣٦) ئایا ئەم مرۆڤە خوانەناسە پێی وایە هەر بە بێهودەیەو وازی لێ هێنراوە کە چی دەکات بیکاتو چۆنی پێخۆشە وەها بکاتو بەر حیسابو سزا نەکەوێت؟ جا ئەوخودایەی کە دانایە چۆن ئیشی بێ سودی وادەکات!

(٣٧) ئایا ئەوکەسە دڵۆپەیەك شەهوەت نەبوە کە فڕەدراوەتە ناو ڕەحمی دایکەوە؟

(٣٨) پاشان بوەتە خوێنێکی مەیو ئەوسا دروستیکرد، ئینجا ڕێکوپێکی کرد؟

(٣٩) جا لەوەش کردنی بە جوت نێرو مێ؟

(٤٠) ئایا زاتی ئاوەها ناتوانێت مردوان زیندو بکاتەوە؟ پێغەمبەرمان ﷺ هەرکات ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە دەیفەرمو: { سُبْحَانَكَ فَبَلَى/ ابوداود، صححه الألباني/ واتە پاکو بێگەردی هەر بۆتۆیە جا چۆن ناتوانیت} بێگومانە کە مردو زیندوکردنەوە ئاسانترە لەو دروستکردنەی سەرەتا، دەی ئەگەر خۆت بە ڕۆشنبیرو لێزان دەزانیتو ئاگات لە سەرەتای دروستبونی خۆت هەیە ئیتر بۆچی دەبێت لە زیندوکردنەوەی دووبارە دوودڵ بیت؟ ئایا پێت وایە ئەو

پەروەردگارەی کە دروستی کردویت ناتوانێت پاش مردن زیندوت بکاتەوە؟ جا پڕ بەدڵ بڵێ: سُبْحَانَكَ فَبَلَى.

(٧٦) سورەتی ئینسان (٣١)

سورەتی ئینسان کە سورەتی حەفتاو شەشەمی قورئانە، زۆربەی ڕاڤەکاران بەلایانەوە وایە کە لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، سیو یەك ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین نەوەدو هەشتەمین سورەتەو پاش سورەتی (الرحمان) و پێش (الطلاق) دابەزیوەسورەتی (هل أتى)و(الدهر) یشی پێ دەوترێت.

عەبدوڵای کوڕی عەباسو موقاتیلو کەلبی دەڵێن: لە مەدینەدا هاتووەتە خوارەوە، ئیمامی مسلم هێناویەتی کە پێغەمبەری خودا ﷺ: لە نوێژی بەیانی ڕۆژی جومعەدا لە ڕکاتی یەکەمدا (الم، تنزيل) سەجدەو لە ڕکاتی دووهەمدا ﴿هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ﴾ ی خوێندوە.

بەناوی اللّٰه ی زۆربەسۆزوبێنیهایەت میهرەبان

(١) بێگومان بەسەر مرۆڤدا ماوەیەك لەم ڕۆژگارە تێپەڕیوە کە ئەو شتێکی وانەبوە کەباسکرێت، لەبەر سوکیو لاوازی ئەم مرۆڤە، سەرەتا لە خاكو قوڕو قوڕی مچو و قوڕی وشك بوی وەکو: گۆزەو پاشان گیانی تێکراو ڕێزی لێنراو جارێکی تر اللّٰه دروستکردنی مرۆڤی گواستەوە بۆ شێوەیەکی تر وەکو دەفەرموێ:

(٢) بێگومان ئێمە (پاش ئادەم) ئەم مرۆڤەمان دروستکرد لە دڵۆپەیەك ئاوی شەهوەتی تێکەڵاو لەئاوی پیاو و ئافرەت لە رەحمی ئافرەتدا، کەتاقی دەکەینەوە، جا کردومانە بە مرۆڤێکی بیسەرو بینەر تا ئایەتەکانی ئێمە ببیسێتو نیشانەکانی ئێمەی چاو پێ بکەوێتو بە ئارەزۆی خۆی ڕێگای چاك یان خراپ بگرێت، تا لە ڕۆژی دواییدا هیچ بەهانەیەکی نەبێت .

(٣) بێگومان کە ئێمە ڕێگای ڕاستمان پیشانداوە، جا یان سوپاسگوزارو پەیڕەویکەری ڕێگای ڕاستە یان سپڵەو پێ نەزانە، پێغەمبەری خوا ﷺ بەکەعبی کوڕی عوجرەی فەرمو: { أُعِيذُكَ بِاللَّهِ يَا كَعْبَ بْنَ عُجْرَةَ مِنْ أُمَرَاءَ يَكُونُونَ مِنْ بَعْدِي فَمَنْ غَشِيَ أَبْوَابَهُمْ فَصَدَّقَهُمْ فِي كَذِبِهِمْ وَأَعَانَهُمْ عَلَى ظُلْمِهِمْ فَلَيْسَ مِنِّي وَلَسْتُ مِنْهُ وَلَا يَرِدُ عَلَيَّ الْحَوْضَ وَمَنْ غَشِيَ أَبْوَابَهُمْ أَوْ لَمْ يَغْشَ فَلَمْ يُصَدِّقْهُمْ فِي كَذِبِهِمْ وَلَمْ يُعِنْهُمْ عَلَى ظُلْمِهِمْ فَهُوَ مِنِّي وَأَنَا مِنْهُ وَسَيَرِدُ عَلَيَّ الْحَوْضَ يَا كَعْبَ بْنَ عُجْرَةَ الصَّلَاةُ بُرْهَانٌ وَالصَّوْمُ جُنَّةٌ حَصِينَةٌ وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الْخَطِيئَةَ كَمَا يُطْفِئُ الْمَاءُ النَّارَ يَا كَعْبَ بْنَ عُجْرَةَ إِنَّهُ لَا يَرْبُو لَحْمٌ نَبَتَ مِنْ سُحْتٍ إِلَّا كَانَتْ النَّارُ أَوْلَى بِهِ /الترمذي. صححه الالباني/ لەخوا بۆت داوادەکەم کە لەخراپی ئەمیرانێك بتپارێزێت کەلەپاش من دێن ، ئەوسا هەرکەسێك بچێتە لایانوباوەڕ بکات بە درۆکانیان و یارمەتیان بدات لەسەرستەمەکانیان ، ئەوسا ئەوە لەمن نیەو منیش لەونیم لەسەر حەوز نایەتەلام، ئەوسا هەرکەسێك بچێتە لایان یان هەر نەچێتە لایانو باوەڕ نەکات بە درۆکانیانویارمەتیان نەدات لەسەر ستەمەکانیان ، سا ئەوە لەمنە و منیش لەئەوو ، بەمزوانەش لەسەر حەوز دێتەلام، ئەی کەعبی کوڕی عوجرە نوێژ بەڵگەیەو ڕۆژو سپێرەو چاکە تاوانەکان ڕەش دەکاتەوە هەروەك چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە، ئەی کەعبی کوڕی عوجرە هەر گۆشتێك بەحەرام گەورەببێت ئاگر شایستە ترە پێی}وە لەریواتی تری ئەم فەرمودەدا هاتوەکە:{ لِكَعْبِ بْنِ عُجْرَةَ أَعَاذَكَ اللَّهُ مِنْ إِمَارَةِ السُّفَهَاءِ قَالَ وَمَا إِمَارَةُ السُّفَهَاءِ قَالَ أُمَرَاءُ يَكُونُونَ بَعْدِي لَا يَقْتَدُونَ بِهَدْيِي وَلَا يَسْتَنُّونَ بِسُنَّتِي .... يَا كَعْبُ بْنَ عُجْرَةَ النَّاسُ غَادِيَانِ فَمُبْتَاعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا وَبَائِعٌ نَفْسَهُ فَمُوبِقُهَا /أحمد، الألباني:صحيح لغيره/ ئەی کەعبی کوڕی عوجرە داوای پەنات بۆدەکەم لە خوا لەئەمیرایەتی نەفامەکان وتی: کامەیە ئەمیرایەتی نەفامەکان؟فەرموی: ئەمیرانێکن کەلەپاش من پەیدا دەبن نەپەیڕەوی ڕێنماییەکانم دەکەنو نە ڕێو شوێنی من دەگرن (وەك پێشووایە تا) ئەی کەعبی کوڕی عوجرە هەمو مرۆڤێك کە ڕۆژ دەکاتەوە ئەوسا فرۆشەری ئەفسی خۆیەتی جا یان دوچاری سزای دەکات یان لە سزا ڕزگاری دەکات}

(٤) بێگومان ئێمە ئامادەمان کردوە بۆ خوانەناسان زنجیرگەلی پێون کردنیانو تەوقەگەلی دەستو مل بەستنیانو ئاگری بڵێسەدار.

(٥) بە بێگومان کە چاکەکاران بەپیاڵەی پڕ لە شەراب دەخۆنەوە کە کافوری تێکەڵاوە،

(٦) کە چاوگەیەکە کە بەندە شایستەکانی ﷲ لەوێدا دەیخۆنەوەو بۆ هەر جێگایەك کە مەبەستیانە لە ماڵو کۆشكو کۆڕیان دەیبەنو بەکەیفی خۆیانە لەکویو چۆنو چەندیان بیەوێت وای لێ دەکەن، جا پەروەردگار وەسفی ئەو بەندە چاکانەی خۆیمان بۆ دەکاتو دەفەرموێ:

(٧) ئەوانە ئەو کەسانەن کەهەر شتێك لەسەر خۆیان دادەنێن جێ بەجێی دەکەنو لە ڕۆژێك دەترسن کە سەختیو دژواریەکەی هەمو لایەك دەگرێتەوە. خاتون عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوا لێی ڕازی بێت) هێناویەتی لە پێغەمبەری خواوە ﷺکەفەرمویەتی: {مَن نَذَرَ أن يُطيعَ اللهَ فَلْيُطِعهُ، وَمَن نَذَرَ أن يَعصِيَ اللهَ فَلا يَعْصِهِ)/البخاری/ هەر کەسێك لەسەرخۆی دانا کە بەندایەتی خودا بکات با بەندایەتی خودا بکاتو نەزرەکەی خۆی بداتە سەر، وە هەر کەسێکیش لەسەرخۆی پێویست کردوە کە نافەرمانی ﷲ بکات قسەکەی خۆی نەباتە سەروبێ فرمانی ﷲ نەکات}. جا پەروەردگارمان درێژە بە وەسفی بەندە چاکەکانی خۆی دەداتو دەفەرموێ:

(٨) جا ئەوانە کەسانێکن کە لەو خواردنەی خۆیان حەزیان لێیەتی بەشی کەمدەستو هەتیو و گیراو دەدەن.

(٩) جا دەڵێن: ئێمە هەر لەبەر خاتری ڕەزامەندی ﷲ خواردنتان پێ دەدەین، لە ئێوەوە پاداشتو سوپاسمان ناوێت. موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێن: بە خوا بەدەم ئەم قسەیان نەدەکرد، بەڵام خوا دەیزانی بەناو دڵیان جا سوپاسی کردون لەسەر ئەو کارە جوانانەیان تا زیاتر سوربن لەسەر شتی چاكو مرۆڤدۆستی، دیارە کاتی دابەزینی ئەم ئایەتە موسڵمانەکان ئەسیریان لە ژێر دەستدا نەبوە کەوابو ئەم چاکەیە کە ئەم پیاو چاکانە کردویانە بەرامبەر بە ئەسیری کافر بوە ، جا ئەمەیە سروشتی چاکە کردنو مرۆڤدۆستی لە ئیسلامدا کەچاکەیان لەگەڵ دوژمنانی خۆیاندا کردوە، ئەمرۆ موسڵمان برای موسڵمانی خۆی دەگرێتو هەموجۆرە ئازارێکی دەدات لەوانەش برسی

عَيۡنٗا يَشۡرَبُ بِهَا عِبَادُ ٱللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفۡجِيرٗا (٦) يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ وَيَخَافُونَ
يَوۡمٗا كَانَ شَرُّهُۥ مُسۡتَطِيرٗا (٧) وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسۡكِينٗا
وَيَتِيمٗا وَأَسِيرًا (٨) إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ لِوَجۡهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمۡ جَزَآءٗ وَلَا شُكُورًا
(٩) إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوۡمًا عَبُوسٗا قَمۡطَرِيرٗا (١٠) فَوَقَىٰهُمُ ٱللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ
ٱلۡيَوۡمِ وَلَقَّىٰهُمۡ نَضۡرَةٗ وَسُرُورٗا (١١) وَجَزَىٰهُم بِمَا صَبَرُواْ جَنَّةٗ وَحَرِيرٗا
(١٢) مُّتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِۖ لَا يَرَوۡنَ فِيهَا شَمۡسٗا وَلَا زَمۡهَرِيرٗا (١٣)
وَدَانِيَةً عَلَيۡهِمۡ ظِلَٰلُهَا وَذُلِّلَتۡ قُطُوفُهَا تَذۡلِيلٗا (١٤) وَيُطَافُ عَلَيۡهِم بِـَٔانِيَةٖ
مِّن فِضَّةٖ وَأَكۡوَابٖ كَانَتۡ قَوَارِيرَا۠ (١٥) قَوَارِيرَاْ مِن فِضَّةٖ قَدَّرُوهَا تَقۡدِيرٗا (١٦)
وَيُسۡقَوۡنَ فِيهَا كَأۡسٗا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا (١٧) عَيۡنٗا فِيهَا تُسَمَّىٰ سَلۡسَبِيلٗا
(١٨) ۞ وَيَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ وِلۡدَٰنٞ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيۡتَهُمۡ حَسِبۡتَهُمۡ لُؤۡلُؤٗا مَّنثُورٗا
(١٩) وَإِذَا رَأَيۡتَ ثَمَّ رَأَيۡتَ نَعِيمٗا وَمُلۡكٗا كَبِيرًا (٢٠) عَٰلِيَهُمۡ ثِيَابُ سُندُسٍ
خُضۡرٞ وَإِسۡتَبۡرَقٞۖ وَحُلُّوٓاْ أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٖ وَسَقَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ شَرَابٗا
طَهُورًا (٢١) إِنَّ هَٰذَا كَانَ لَكُمۡ جَزَآءٗ وَكَانَ سَعۡيُكُم مَّشۡكُورًا (٢٢) إِنَّا
نَحۡنُ نَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ تَنزِيلٗا (٢٣) فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعۡ
مِنۡهُمۡ ءَاثِمًا أَوۡ كَفُورٗا (٢٤) وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلٗا (٢٥)

کردن؟! جا ئەو پیاو چاکانە دەیانگوت: (١٠) بێگومان ئێمە لە پەروەردگاری خۆمان دەترسین لە ڕۆژێك کە زۆر مۆنو پرغەمو پەژارەیە بەڵکو ڕزگارمان بکات.

(١١) جا ﷲ لە خراپەی ئەو ڕۆژە پاراستنی وە بە شادیو خۆشیەوە هات بەدەمیانەوەو پاداشتی دانەوە.

(١٢) جا بەهۆی خۆڕاگریانەوە بە باخچەو پۆشاكو ڕایەخی هەورێشم پاداشتی دانەوە،

(١٣) لەناویدا لەسەر تەختەکان شانیان داداوەو چاویان ناکەوێت نە بەگەرمایی خۆرو نە بەسەرمایی وەك زستان ، بەڵکو کاتێکی مام ناوەندە نە گەرمەو نە ساردەو ڕوناکیەکەیشی وەکو کاتی ڕوناکی بەیانیە تا خۆر دەردەکەوێت.

(١٤) سێبەری درەختەکانی ئەو باخچەیە هەمیشە نزیکە لێیانەوەو میوەکانیشی رامو گەردن کەچ کراون چۆن گەردن کەچێك، هەرچۆنێك بن بە پێوە یان دانیشتن یان ڕاکشان هەرکە ئارەزۆی میوە بکەن دێتە بەر دەستیانو تەنها لێکردنەوەو خواردنی ئەرکی سەرشانیانەو هیچی تر،

وەك پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: { إنَّ أهْلَ الجَنَّةِ يَأْكُلُونَ مِنْ ثِمَارِ الْجَنَّةِ قِيَامًا وَقُعُودًا وَمُضْطَجِعِينَ/ البيهقي، الألباني: صحيح لغيره/ خەڵكی بەهەشتی لەمیوەكانی دەخۆنەوە بەپێوەو بەدانیشتویو بەراكشاوی}.

(١٥) جا بەناویاندا دێتو دەبرێت دەفرانێكی زیویو گۆزەی بێ دەستو لولە هەروەكو شوشە وان لە دەرەوە ناویان دەبینرێت، (١٦) دەفرانێكن لە زیو بە ئەندازەی پێویست بێ زیادو كەم ئامادەكراون.

(١٧) لەناو ئەو باخچەدا شەرابیان پێ دەردێت بە پیاڵەیەك كە زەنجەفیلی تێكەڵە،

(١٨) كە چاوگەیەكە لەناویدایەو پێی دەوترێت: سەلسەبیل.

(١٩) منداڵانێك كە هەمیشە هەر منداڵن (كە بۆ خزمەتكردن دانراون) بەناویاندا دەگەڕێن، هەر كاتێك بیان بینی وادەزانی مروارین پرژێنراون ئەوەندە پاكو خاوێنو سپیو جوانن. ئەی مرۆڤی ژیر پەروەردگارت ئا ئەوەی بۆ ئامادەكردویت، بۆچی ئەوەندە بەم دنیا كۆتاو پڕ لەدەردەسەرییە سەرگەرمیتو بۆ ئەو دنیا هەمیشەییو پڕ نازو نیعمەتە كێبڕكێ ناكەیت؟!

(٢٠) جا هەر كاتێك ئا ئەو جێگایەت بینی چاوت بە نازو نیعمەتی فرەوانو موڵكێكی گەورە دەكەوێت.

(٢١) جا بە پۆشاكی تانو پۆ هەورێشمی سەوزو ناسك بۆ ژێرەوەو قایم بۆ سەرەوە خۆیان پۆشیوەو بە دەستبەندی زیو ڕازێنراونەتەوەو پەروەردگاریان شەرابی پاكو خاوێنیان پێ دەدات، نەك وەكو شەرابە بۆگەنەكەی دنیا كە زۆرێك لە نەزانان خۆیانی پێ بێهۆشو سووك دەكەنو خۆیان لەو شەرابە پاكە بێوەری دەكەن، ئینجا پێیان دەفەرموێ:

(٢٢) بێگومان ئەمە پاداشتی كارە چاكەكانی ئێوەیەو كارو كۆششتان ڕێزلێگیراوو سوپاسكراوە. لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە كە خوای گەورە بە ئاخر كەسێك لە ئاگر دەردەچێتو ئاخر كەسێكە كە دەچێتە بەهەشتەوە دەفەرموێ:{إنَّ لَكَ مِثلَ الدُّنيَا وَعَشرَةُ أمثَالِهَا/البخاري/ بێگومان بۆ تۆیە بە ئەندازەی دنیاو دە بەرانبەریشی} جا ئەمە بەشی ئاخر كەس بێت دەبێت بەشی مام ناوەندەكانو سەرەتاییەكان چەند بێت؟ تا ئێرە باسی پاشەڕۆژ بو (الْمِعَادِ) ئینجا دەێتەوە سەر باسی پێغەمبەرایەتیو ناسینی خواو یادكرنی بەكورتی (الْمَبدَأ والنُّبُوَّة)و دەفەرموێ:

(٢٣) بێگومان ئێمە ئەم قورئانەمان ناردوەتە سەر تۆ بە ناردنێكی ڕێكوپێكو هێواش هێواش.

(٢٤) سا تۆیش بۆ فرمانی پەروەردگارت خۆگربەو بە گوێی هیچكام لەوانە نەكەیت نە گوناهكاریانو نە خوانەناسیان. تۆ بەردەوام بە لەسەر گەیاندنی پەیامەكەتو دڵت هەر لای ئێمە بێت.

(٢٥) یادی ناوی پەروەردگاری خۆت بكە بە بەیانیانو بە ئێواران.

(٢٦) وە لە بەشێكی شەودا ئەوسا بەندایەتی ئەوزاتە بكەوسوجدەی بۆ ببەو تەسبیحاتی ئەو زاتە بكە لە شەوە درێژەكاندا ، دەگونجێت مەبەست نوێژكردن بێت وە ئەمە هەر پێنج كاتەكە دەگرێتەوە واتە هەموكاتێك خوای خۆتت لەبیر نەچێت.

(٢٧) بێگومان كە ئەوانە دنیایان خۆش دەوێتو وازیان لە ڕۆژی زۆر سەختو گران كە قیامەتە هێناوەو خستویانە پاش گوێیانەوە.

(٢٨) ئێمە دروستمان كردنو هەمو سەرجەمسەرەكانی لەشیانمان بە توندی بەست بەیەكەوەو بتەومان كردنو هەر كاتێكیش ئارەزۆمان لێ بێت دەیانگۆڕینەوە بە كەسانێكی وەكو خۆیانو ئەوان لەناو دەبەین، واتە ژیانتان ئەمانەتێكەو هەر كاتێك ویستمان لێتان وەردەگرینەوەو تا دنیایش ماوە هەر خەڵكی تری بۆ دروست دەكەین ، ئیتر بۆچی ئەوەندە دنیاتان خۆش دەوێت كەدڵنیان بەجێی دەهێڵنو قیامەتتان ناوێت كە بۆی دەچنو هەرگیز نایشتوانن ڕێگا بەم گۆڕانكاریەی پەروەردگارتان بگرن.

﴿٢٩﴾ بێگومان کە ئەم سورەتە ئامۆژگاریە جا هەر کەسێك ئارەزۆی لێیە با بەرەو پەروەردگاری خۆی ڕێگا بگرێتە بەرو واز لە گوناح و خراپەکاری بهێنێت.

﴿٣٠﴾ ئەوسا ئارەزۆیش ناکەن مەگەر هەر ئەوەی کە ﷻ دەیەوێت (کەواتە دەبێ زۆر لە خوا بترسن‌و بەگەردن کەچییەوەداوای یارمەتی لێ بکەن کە یارمەتیتان بدات بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی دنیاو قیامەت) بێگومان خودا زاناو کار بەجێیە،

﴿٣١﴾ ئارەزۆی لە هەر کەسێك بێت دەیخاتە ناو نازو نیعمەتی خۆی‌وخۆشبەختی دەکات، جا ئامادەی کردوە بۆ ستەمکارانیش سزایەکی گەورەو بەژان، سا مرۆڤ ئەگەر ژیر بێت تا بتوانێ دەبێ شەوو ڕۆژ لە خوا بپارێتەوە کە ڕێنمایی بکات‌و بیگەیەنێت بە خۆشبەختی هەردوو دنیا، چونکە کاتێك کە مرد هەمو شتێکی لەدەست دەردەچێت‌و چی کێڵابێت ئەوسا هەر ئەوە دروێنە دەکات، چاك یان خراپ. ئەبوزەر دەڵێت: پێغەمبەرﷺ ئەم سورەتەی خوێندەوە تا تەواوی کرد جا فەرموی: { إِنِّي أَرَى مَا لَا تَرَوْنَ وَأَسْمَعُ مَا لَا تَسْمَعُونَ أَطَّتْ السَّمَاءُ وَحُقَّ لَهَا أَنْ تَئِطَّ مَا فِيهَا مَوْضِعُ أَرْبَعِ أَصَابِعَ إِلَّا وَمَلَكٌ وَاضِعٌ جَبْهَتَهُ سَاجِدًا لِلَّهِ وَاللَّهِ لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا وَمَا تَلَذَّذْتُمْ بِالنِّسَاءِ عَلَى الْفُرُشِ وَلَخَرَجْتُمْ إِلَى الصُّعُدَاتِ تَجْأَرُونَ إِلَى اللَّهِ لَوَدِدْتُ أَنِّي كُنْتُ شَجَرَةً تُعْضَدُ /الترمذي إلا أنه قال ما فيها موضع أربع أصابع، حسنه الألباني/ بێگومان من شتێك دەبینم کەئێوە نایبینن و شتێك دەبیسم کە ئێوە نایبیسن، ئاسمان چرکە چرکی دێت‌و ماڤی خۆیشێتی کەئەو چرکە چرکەی لێ بێت چونکە جێگای چوار ئەنگوشتی نیە مەگەر فریشتەیەك بەسوجدە بردن بۆ خوا ناوچاوی لەسەر دانابێت بەﷻ قەسەم ئەگەر بزانن ئەوەی کەمن دەیزانم کەم پێدەکەنن‌و زۆر دەگرین‌و خۆشی وەرناگرن لەژنان لەسەر فەرشەکاندا و دەر دەچون بۆ بەرزاییەکان لەﷻ دەپاڕانەوە. ئەبوزەر دەڵێت: بەراستی ئاواتم خواست کە درەختێك بومایە کە بخورامایە و کۆتایم پێ بهاتایە }

وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَٱسۡجُدۡ لَهُۥ وَسَبِّحۡهُ لَيۡلٗا طَوِيلًا ﴿٢٦﴾ إِنَّ
هَٰٓؤُلَآءِ يُحِبُّونَ ٱلۡعَاجِلَةَ وَيَذَرُونَ وَرَآءَهُمۡ يَوۡمٗا ثَقِيلٗا ﴿٢٧﴾ نَّحۡنُ
خَلَقۡنَٰهُمۡ وَشَدَدۡنَآ أَسۡرَهُمۡۖ وَإِذَا شِئۡنَا بَدَّلۡنَآ أَمۡثَٰلَهُمۡ تَبۡدِيلًا
﴿٢٨﴾ إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذۡكِرَةٞۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلٗا ﴿٢٩﴾
وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا ﴿٣٠﴾
يُدۡخِلُ مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦۚ وَٱلظَّٰلِمِينَ أَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمَۢا ﴿٣١﴾

سُورَةُ المُرۡسَلَاتِ ٧٧ — ٥٠

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلۡمُرۡسَلَٰتِ عُرۡفٗا ﴿١﴾ فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ عَصۡفٗا ﴿٢﴾ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشۡرٗا ﴿٣﴾
فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقٗا ﴿٤﴾ فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴿٥﴾ عُذۡرًا أَوۡ نُذۡرًا ﴿٦﴾ إِنَّمَا
تُوعَدُونَ لَوَٰقِعٞ ﴿٧﴾ فَإِذَا ٱلنُّجُومُ طُمِسَتۡ ﴿٨﴾ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتۡ
﴿٩﴾ وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ نُسِفَتۡ ﴿١٠﴾ وَإِذَا ٱلرُّسُلُ أُقِّتَتۡ ﴿١١﴾ لِأَيِّ يَوۡمٍ أُجِّلَتۡ
﴿١٢﴾ لِيَوۡمِ ٱلۡفَصۡلِ ﴿١٣﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِ ﴿١٤﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ
لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿١٥﴾ أَلَمۡ نُهۡلِكِ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ نُتۡبِعُهُمُ ٱلۡأٓخِرِينَ
﴿١٧﴾ كَذَٰلِكَ نَفۡعَلُ بِٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿١٨﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿١٩﴾

سورەتی مورسەلات ٧٧ — ٥٠

سورەتی مورسەلات یان (وەلمورسەلات) کە حەفتاو حەوتەمین سورەتی قورئانە، لە مەککدا هاتودتە خوارەوەو پەنجا ئایەتە.

ئومی فەزلی کچی حاریس دەڵێت: { صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي بَيْتِهِ الْمَغْرِبَ فَقَرَأَ الْمُرْسَلَاتِ مَا صَلَّى بَعْدَهَا صَلَاةً حَتَّى قُبِضَ ﷺ/ النسائي، صححه الألباني/ پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی مەغریبی بۆکردین لەماڵی خۆیدا ، جا مورسەلاتی خوێند کە پاش ئەوە نوێژی نەکرد هەتا وەفاتی کرد} بەگوێرەی دابەزین سی‌و سێ هەمین سورەتە،واتەلەو سورەتانەیە کە لە سەرەتای هاتنی پێغەمبەرەوە ﷺ کە هێشتا بانگەوازی ئیسلام هەر بە نهێنی بووە ،لە شەوێکدا کە وتراوە شەوی عەرفە بوە لە ئەشکەوتێك لە میندا ئەم سورەتە دابەزیوە، عەبدوڵای کوڕی مەسعود دەڵێت: { بَيْنَمَا نَحْنُ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ فِي غَارٍ بِمِنًى إِذْ نَزَلَ عَلَيْهِ وَالْمُرْسَلَاتِ وَإِنَّهُ لَيَتْلُوهَا وَإِنِّي لَأَتَلَقَّاهَا مِنْ فِيهِ وَإِنَّ فَاهُ لَرَطْبٌ بِهَا /متفق عليه/ کاتێك کەئێمە لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ بوین لە ئەشکەوتێکی میندا ئا لەودەمەدا وەلمورسەلاتی بۆ هات‌و ئەو دەیخوێندەوەو

أَلَمۡ نَخۡلُقكُّم مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ ﴿٢٠﴾ فَجَعَلۡنَٰهُ فِي قَرَارٖ مَّكِينٍ ﴿٢١﴾ إِلَىٰ قَدَرٖ
مَّعۡلُومٖ ﴿٢٢﴾ فَقَدَرۡنَا فَنِعۡمَ ٱلۡقَٰدِرُونَ ﴿٢٣﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٢٤﴾
أَلَمۡ نَجۡعَلِ ٱلۡأَرۡضَ كِفَاتًا ﴿٢٥﴾ أَحۡيَآءٗ وَأَمۡوَٰتٗا ﴿٢٦﴾ وَجَعَلۡنَا فِيهَا رَوَٰسِيَ
شَٰمِخَٰتٖ وَأَسۡقَيۡنَٰكُم مَّآءٗ فُرَاتٗا ﴿٢٧﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٢٨﴾
ٱنطَلِقُوٓاْ إِلَىٰ مَا كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢٩﴾ ٱنطَلِقُوٓاْ إِلَىٰ ظِلّٖ ذِي ثَلَٰثِ
شُعَبٖ ﴿٣٠﴾ لَّا ظَلِيلٖ وَلَا يُغۡنِي مِنَ ٱللَّهَبِ ﴿٣١﴾ إِنَّهَا تَرۡمِي بِشَرَرٖ
كَٱلۡقَصۡرِ ﴿٣٢﴾ كَأَنَّهُۥ جِمَٰلَتٞ صُفۡرٞ ﴿٣٣﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٣٤﴾
هَٰذَا يَوۡمُ لَا يَنطِقُونَ ﴿٣٥﴾ وَلَا يُؤۡذَنُ لَهُمۡ فَيَعۡتَذِرُونَ ﴿٣٦﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ
لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٣٧﴾ هَٰذَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِۖ جَمَعۡنَٰكُمۡ وَٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٣٨﴾ فَإِن كَانَ
لَكُمۡ كَيۡدٞ فَكِيدُونِ ﴿٣٩﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٤٠﴾ إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي
ظِلَٰلٖ وَعُيُونٖ ﴿٤١﴾ وَفَوَٰكِهَ مِمَّا يَشۡتَهُونَ ﴿٤٢﴾ كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ هَنِيٓـَٔۢا
بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٤٣﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٤٤﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ
لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٤٥﴾ كُلُواْ وَتَمَتَّعُواْ قَلِيلًا إِنَّكُم مُّجۡرِمُونَ ﴿٤٦﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ
لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱرۡكَعُواْ لَا يَرۡكَعُونَ ﴿٤٨﴾ وَيۡلٞ
يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٤٩﴾ فَبِأَيِّ حَدِيثِۢ بَعۡدَهُۥ يُؤۡمِنُونَ ﴿٥٠﴾

بەراستی منیش لەدەمی خۆیەوە وەرم گرت هێشتا دەمی تەڕبو بەوسورەتە}

بەناویاللهی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بەوانەی یەك لەپاش یەك ڕەوانە دەکرێن، فریشتە، یان پێغەمبەران کە یەکەمیان نزیکترە.

(٢) جا بەو بایانەی کە بە توندی هەڵدەکەنو دەنگیان لێ دێتو بەچاو نابینرێنو دارو درەختان دەشکێنن. دایکی باوەڕداران عایشە دەڵێت: هەرکات بایەکی توند دەهات پێغەمبەر ﷺدەیفەرمو: {اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا وَخَيْرَ مَا فِيهَا وَخَيْرَ مَا أُرْسِلَتْ بِهِ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ مَا فِيهَا وَشَرِّ مَا أُرْسِلَتْ بِهِ (مسلم وغيره) ئەی خوایە داوای چاکەی ئەم بایەت لێ دەکەم وەچاکەی ئەوشتەش کە تێیدایەوچاکەی ئەوەش کەبۆی ڕەوانە کراوە، وەپەنادەگرم بەتۆ لەخراپی ئەم بایەو خراپی ئەوشتەش کە تێیدایەوخراپی ئەوەش کەبۆی ڕەوانە کراوە}

(٣) جا سوێند بەوانەیش کە بڵاودەکەنەوە هەورەکان بە بڵاوکردنەوەو بە فرمانی خوا دەیبەن بۆ جێگای مەبەستو هەندێك جاریش هەورەکە گاڵ گاڵ دەکەنو دەیڕەوێننەوە. (٤) سا سوێند بەو فریشتانەش کە فرمانی خودا دادەبەزێننو ڕاستو ناڕاست لەیەك جیادەکەنەوە

(٥) جا سوێند بەو فریشتانەش کە دەیگەیەنن بە پێغەمبەران بە بێ دەستکاری ئەو پەیامەی کە پێویستە پێیان بگات.

(٦) بۆ نەهێشتنی بەهانە یان بۆ ترساندنی ستەمکاران، خوا ئەم پێنج سوێندەی خوارد کە،

(٧) بێگومان ئەوەی کە بەڵێنتان پێدراوە ڕودەدات واتە : قیامەت دێتو لێپێچینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت.

(٨) جا ئەو کاتەی کە ئەستێرەکان کوژانەوە.

(٩) وە ئەو کاتەی کە ئاسمان کەلێنی تێکراو لەتکرا .

(١٠) وە ئەو کاتەی کە چیاکان لەناوبرانو هیچ شوێنەوارێکیان نەما.

(١١) وە هەر کاتێك پێغەمبەران کاتیان بۆ دیاری کراو دواخران. (١٢) بۆ کام ڕۆژ ئەو پێغەمبەرانە دواخران؟

(١٣) بۆ ڕۆژی جیاکردنەوە دواخران، ئینجا دەفەرموێ:

(١٤) تۆ چوزانی ڕۆژی جیاکردنەوە چیە؟ لێرەدا باسی ڕۆشنکردنەوەی ڕۆژەکە ناکات ، بەڵکو باسی بەسەرهاتی خەڵك دەکات لەو ڕۆژەداو دەفەرموێ:

(١٥) وای، واوەیلایە لەو ڕۆژەدا بۆ بێ باوەڕان، جا بەمە کۆتایی بە باسی ئەو خەڵکەی ڕۆژی جیاکردنەوە دەهێنێتو سرنجی خەڵکی دنیا ڕادەکێشێت بۆ ئەو بێ باوەڕانەی پێش خۆیان بەڵکو ئەمانیش لەوە پەندوەرگرنو دەفەرموێ:

(١٦) ئایا ئێمە مرۆڤە خوانەناسەکانی پێشومان لەناونەبردن؟

(١٧) پاشان هەروەکو ئەوانیشمان لێکرد ئەو گەلە خوانەناسەی پاش ئەوانیش.واتە تائەم سەردەمەی ئێوە هەمو گەلێکی تاوانبارو ملهوڕمان تێك پێك داوەو لەناومان بردوون.

(١٨) هەر ئاوەهایش دەکەین بە تەواوی تاوانبارانی ئێستاو
لەوانەی پاش ئەوانیش دێن.
(١٩) وای، واوەیلایە لەو ڕۆژەدا بۆ بێ باوەڕان کە سزای خوا
دادەبارێت بەسەریاندا، ئینجا مرۆڤ دەباتەوە بۆ خۆناسین‌و
دەفەرموێ:
(٢٠) ئایا ئێوەمان لە ئاوێکی بێ نرخ دروست نەکردوە؟
(٢١) ئەوسا لە جێگایەکی بتەودا کە ڕەحمی دایکە جێمان
نەکردنەوە؟
(٢٢) هەتا ماوەیەکی دیاری کەشەش مانگ یان نۆ مانگ‌و
زیاتریش ، جا لەو ماوەیەدا ئەو دڵۆپە ئاوەمان کرد بەو
مرۆڤەی کە بە شل‌وشۆڵی دێتە ئەم جیهانەوە کە توانای
مێشولەیەکیشی نیە کە لە خۆی دوری بخاتەوە، ئەی کێ لە
ڕەحمدا پاراستویەتی‌و ئەو ئەندامانەی پێداوەو پاشان
ئێستا فێری ئەوەی کردوە کە مەمکی دایکی بگرێت‌و
بیمژێت؟ ئاشکرایە هەمو دەڵێن: الله ئەگەر بە زمانی
حاڵیش بێت، جا دەفەرموێت:
(٢٣) ئێمە توانیمان ئەوکارەگەورەوگرنگە بکەین ئای چەند
جوان توانیمان ئەو کارە بکەین‌و چەند جوان ئەندازەمان
گرت‌و ئەو دڵۆپە ئاوەمان ئاوا نەخش‌و نیگار لێ پەیداکردو
هیچ شوێنەوارێکی ئەو دڵۆپە ئاوەشی پێوەنەماوە، بە
داخەوە ئێستا وا خۆی بادەداو بەدەعیەو فیزەوە
هاتوچۆو قسە دەکات دەڵێی هەرگیز سەرەتای خۆی
نەزانیوەو خۆیشی نەناسیوە، بەڕاستی وایە چونکە ئەو
کەسەی کە بەڕاستی خۆی بناسێت، خوایش دەناسێت، وە
ئەو کەسەیش کە خوای ناسی ئاوا لوت بەرزو بەدەعیەوەو
فیز نابێت.
(٢٤) وای، واوەیلایە لەو ڕۆژەدا بۆ بێ باوەڕان.
(٢٥) ئایا ئێمە زەویمان نەکرد بە شوێنی سەقامگیری‌و
گردبونەوەو یەکگرتنتان‌و هەموتان لەناویدا کۆببنەوە،
(٢٦) بە زیندوو بە مردوتانەوە؟
(٢٧) جا ئایا لەناویدا چیا گەلی بەرزو بتەومان دروست
نەکردوەو بە ئاوی خۆشیش ئاومان پێ نەداون؟ دەی
بۆچی سوپاسی ئێمە ناکەن‌و پەیڕەوی پێغەمبەر ﷺ و
بەرنامەکەی ناکەن‌و باوەڕی پێ ناهێنن؟
(٢٨) وای، واوەیلایە لەو ڕۆژەدا بۆ بێ باوەڕان.
(٢٩) ئادەی بڕۆن بەرەو شتێك کە بە درۆتان دەزانی کە
قیامەت‌و سزایە.
(٣٠) بڕۆن بۆ سێبەرێك کە خاوەنی سێ شاخەیە چ لە
گەورەیدا بووە بە سێ بەشەوە لەسەر خوانەناسان یان
مەبەست سێ بەشە لەلای ڕاست‌و لەلای چەپ‌و لەسەر
سەریانەوە.
(٣١) جا نە سێبەرێکە فێنکیان بکاتەوە، وە نە لە بڵێسەی
دۆزەخ بێ نیازیان دەکات.
(٣٢) بەڕاستی ئەو ئاگرە بزوزکی وای لێ دەبێتەوە دەڵێی
کۆشکە ئەوەندە گەورەیە.
(٣٣) جالە ڕەنگیشدا دەڵێی وشتری زەردە ئەوەندە زەردە
ڕەش دەنوێنێت.
(٣٤) وای، واوەیلایە لەو ڕۆژەدا بۆ بێ باوەڕان بۆ دیمەن‌و
بارودۆخ‌و گوزەرانی خوانەناسان، ئینجا پێیان دەوترێت:
(٣٥) ئەمە ڕۆژێکە قسە ناکەن.
(٣٦) ماوەی قسەکردنیشیان پێ نادرێت جا با بەهانە
بهێننەوە، ئەمە گاڵتە پێکردنیانە ئەگەر ماوەی
قسەکردنیان پێ نەدرێت ئەی چۆن‌وبە چی بەهانە
بهێننەوە؟!
(٣٧) وای، واوەیلایە لەو ڕۆژەدا بۆ بێ باوەڕان دەبێ چۆن
بێت دیمەن‌و بارودۆخ‌و گوزەرانی خوانەناسان، جا
ئەودیمەنە دێنێتە بەرچاومان وەك ئەوەی کەئێستا لەوێدا
بین‌و دەفەرموێ: (٣٨) ئەمە ڕۆژی جیاکردنەوەیەکەئێوەو
پێشوەکانیشمان لێرەدا کۆکردوەتەوە.
(٣٩) ئەوسا ئەگەر فڕوفێڵتان هەیە بۆ لابردنی ئەم
بارودۆخەی خۆتان‌و دەتوانن خۆتان ڕزگار بکەن لەم
سزایە کە دەیبینن، دەی دەست بەرکار بن‌و فڕوفێڵی
خۆتان بکەن، ئاشکرایە هیچیان پێ ناکرێت، هەروەك لە
فەرمودەیەکی قودسیدا هاتوە کەخوا دەفەرموێ: {يَا عِبَادِي

سُورَةُ النَّبَإِ ٧٨ — ٤٠

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ (١) عَنِ ٱلنَّبَإِ ٱلْعَظِيمِ (٢) ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ (٣)
كَلَّا سَيَعْلَمُونَ (٤) ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ (٥) أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَٰدًا (٦)
وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا (٧) وَخَلَقْنَٰكُمْ أَزْوَٰجًا (٨) وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا
(٩) وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا (١٠) وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا (١١) وَبَنَيْنَا
فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا (١٢) وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا (١٣) وَأَنزَلْنَا
مِنَ ٱلْمُعْصِرَٰتِ مَآءً ثَجَّاجًا (١٤) لِّنُخْرِجَ بِهِۦ حَبًّا وَنَبَاتًا (١٥) وَجَنَّٰتٍ
أَلْفَافًا (١٦) إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ كَانَ مِيقَٰتًا (١٧) يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ
فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا (١٨) وَفُتِحَتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتْ أَبْوَٰبًا (١٩) وَسُيِّرَتِ
ٱلْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا (٢٠) إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا (٢١) لِّلطَّٰغِينَ
مَـَٔابًا (٢٢) لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحْقَابًا (٢٣) لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا
(٢٤) إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا (٢٥) جَزَآءً وِفَاقًا (٢٦) إِنَّهُمْ كَانُوا۟
لَا يَرْجُونَ حِسَابًا (٢٧) وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا كِذَّابًا (٢٨) وَكُلَّ شَىْءٍ
أَحْصَيْنَٰهُ كِتَٰبًا (٢٩) فَذُوقُوا۟ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا (٣٠)

إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضَرِّي فَتَضُرُّونِي وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِي فَتَنْفَعُونِي /مسلم وغيره/ ئەی بەندەکانم ئێوە هەرگیز ناگەن بەوشتەی کە سودی منە تا سودم پێ بگەیەنن، وە هەرگیز نایشگەن بەو شتەی کە زیان بەمن بگەیەنێت تا زیانم لێ بدەن} کەوابو ئێمە تەنها بۆ ناوخۆمان ماوەمان پێدراوە کە زیانو سوود بگەیەنین ئەویش ئەگەر خوا ئارەزۆی لێبێت، فیرعەون بۆ ئەوەی موسا نەبێت هەزاران منداڵی کوشت بەڵام ﷻموسای نارد لە ماڵی فیرعەوندا گەورەی کرد، هەر ئەم داستانە کە چەندین جار لە قورئاندا وتراوەتەوە بەسە بۆ خاوەن باوەڕان بۆ چاك کردنی بیرو باوەڕەکەیان، ئای بەداخەوە چەندین باوەڕدارمان هەیە بەڵام موشریکەو بەندایەتیەکەی بەلاشەو هیچ سوودێکی پێ نادات.

(٤٠) وای واوەیلایە لەو ڕۆژدا بۆ بێ باوەڕان. ئینجا پەروەردگار پاش سزای تاوانباران باسی پارێزکارانو پاداشتەکەیان دەکاتو دەفەرموێ:

(٤١) بە بێگومان تەواوی پارێزکاران وان لەژێر سێبەری درەختە پانو پۆڕەکانی بەهەشتو لەسەر کانی ئاوەکاندان،

(٤٢) جا لەناو میوەجاتێك دان لەوانەی کە ئارەزۆیان لێیەتی،

(٤٣) کە پێیان دەوترێت: بەهۆی ئەو کارە چاکانەی کە لە دنیادا کردوتانە بخۆنو بخۆنەوە نۆشی گیانو عافیەتتان بێت.

(٤٤) بێگومان ئێمە هەرئاوەها پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە، پاداشتی هیچ چاکە کارێك زایە ناکەین.

(٤٥) وای واوەیلایە لەو ڕۆژدا بۆ بێ باوەڕان. ئینجا بەگاڵتەوە لە دنیادا پێیان دەوترێت:

(٤٦) بخۆنو کەمێك ڕابوێرن بێگومان ئێوە تاوانبارن.

(٤٧) وای واوەیلایە لەو ڕۆژدا بۆ بێ باوەڕان. (٤٨) خۆ هەر کاتێك بەو تاوانبارانە بوترێت گەردن کەچ بکەن بۆ خواو بەندایەتی ئەو زاتە بکەن ئەوان لە خراپەی خۆیان پاشگەز نابنەوەو گەردن کەچ ناکەن بۆ پەروەردگاریان.

(٤٩) وای واوەیلایە لەو ڕۆژدا بۆ بێ باوەڕانو تاوانباران. ئەم ڕستەیە دە جار لەم سورەتەدا وتراوە، ئەگەرچی ئێمە ماناکەیمان هەر بە یەك شێوە وتوە ،بەڕاستی هەر کام لە جێگای خۆیدا تامێکی تایبەتی خۆی هەیە. والله أعلم.

(٥٠) سا ئیتر پاش ئەو قورئانە پڕ پەندو ئامۆژگاریە ئەی خوانەناسان بە کام قسەیەکی تر باوەڕ دەکەن؟ ئێمەش دەڵێین باوەڕمان هەیە بە خواو بەپەڕاوەکەی.

سورەتی نەبەء ٧٨ — ٤٠

سورتی (نەبەء) کە حەفتاو هەشتەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، چل ئایەتەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین هەشتاهەمین سورەتەو پاش سورەتی (المعارج)و پێش (النازعات) دابەزیوە. ئەم سورەتە بەم ناوانەش ناوبراوە: عمَّ، التَّساؤل،الْمُعصِرات.

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) خوای دانا دەفەرموێ: هاوەڵدانەران دەربارەی چی پرسیار لە یەکتر دەکەن؟

(٢) لەبارەی ئەوهەواڵە گەورەوە کە ڕۆژی قیامەتە پرسیار دەکەن؟! واتە: نەدەبو ئەو پرسیارە بکەنو گاڵتە بە هاتنی ئەو ڕۆژە بکەن بەڕاستی نەزانن، بۆیە لەو بارەوە پرسیار دەکەن.

(٣) ئەو هەواڵە گەورەی کە ئەوان ناکۆکن تێیدا هەندێکیان باوەڕیان پێی هەیەو هەندێکی تریان بەڕاستی نازانن‌و بێ باوەڕن پێی، ئینجا خوا هەڕەشەیان لێ دەکاتو دەفەموێ: (٤) بێگومان بەم زوانە دەزانن.

(٥) لەپاشان بێگومان بەم زوانە دەزانن، چونکە بتانەوێ یان نا، پێی دەگەنو بە چاوی خۆتان دەیبینن، ئینجا خوای گەورە هەندێ لە دروستکراوە گرنگەکانی خۆی کە بەڵگەی هێزو زانایی‌و دانایی خۆیەتی باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٦) ئایا زەویمان نەکردوە بە بێشکەیەكو ڕامو گەردن کەچمان نەکردوە تا ئێوە لەسەری بحەسێنەوە؟ لە وشەی (مهاد) ئەم دوو شتە وەردەگرین یەکەم: چۆن لەبێشکەدا هەمو پێویستیەکانی منداڵ ئامادەیە و پەکی بۆهیچ ناکەوێت، زەویش ئاوەهایەو هەر شتێك کە مرۆڤ پێویستی پێی هەبێت ئامادەیە تێیدا. دووەم: بێشکە شتێکی جوڵەکەرە بەشێوەیەك کە منداڵەکە تێیدا بحەسیتەوە نەك بەشێوەیەك کە منداڵەکە بترسێتو ئارام نەگرێت، زەویش هەروا بەردەوام بەپەلە لەڕۆیشتندایە بۆهێنانەدی پێویستیەکانی مرۆڤ بەبێ ئەوەی دانیشتوانی هەستی پێ بکەنوهەراسان ببن. ئینجا دەفەرموێ: (٧) ئایا چیاکانمان نەکردوە بە مێخ بۆ ڕاگیرکردنی زەوی؟ ئەو پرسیارانە بۆ دان پێدانانە، واتە حەق وایە هەرچی زوتر وەڵام بدەنەوەو بڵێن : بەڵێ ئەوهەمو شتەگرنگانە دەستکاری خۆتەو بۆ بەرژەوەندی ئێمە وات لێکردون.

(٨) جا ئێوەیشمان بە جووت دروستکردوەو کردومانن بە دوو بەشەوە بەشێك نێرو بەشێك مێ تا بەو هۆیەوە زاوزێ بکرێتو بەرەی ئادەمی زیاد ببێتو لەگەڵ یەکتردا ئارام بگرن‌و بحەسێنەوەو خۆشەویستیتان زیاتر بکات بۆ یەکتری، وەك لە سورەتی (روم) ئایەتی:بیستویەك دا دەفەرموێ:﴿هەندێك لە نیشانەکانی دانایی‌و هێزی خۆی ئەوەیە کە لە خۆتان هاوسەری بۆ دروستکردون تا لەگەڵیدا ئارام بگرن‌و لەناو تاندا خۆشەویستی‌و بەزەیی بە یەکتری دروستکردوە﴾وەدەفەرموێ:

(٩) جا ئایا خەوەکانتانمان بۆ نەکردون بەهۆی پشودان‌و ئیسراحەتتان؟

(١٠) وەئایا شەومان بۆ نە کردون بە پۆشاکێك کەداتان دەپۆشێت تا تێیدا بحەسێنەوەو ئامادەی کارو تەلاش ببن بۆ ڕۆژی پاشی ؟ ئەگەر خوا شەوی دروست نەکردایە کێ ئاوا کاتێکی بۆ دروست دەکردن بۆ حەسانەوە؟

(١١) دەی ئایا ڕۆژمان نەکردوە بەکاتێکی گونجاو بۆ کارو تەلاش بۆ پەیداکردنی بژێویتان؟ جا حەق وایە لە شەودا پشو بدەین‌و لە ڕۆژدا کارو کۆشش بکەین کەئەوە بەسودەبۆژیان‌و تەندروستیمان.

(١٢) جا لەسەر ئێوەوە حەوت ئاسمانی بەهێزمان دروستکردوە.

(١٣) وە دامان ناوەتێیدا چرایەکی زۆر بە شەوق وپرشنگدار.

(١٤) جا لە هەورەوە کە بە با پاڵی دەنێین بارانی زۆرتان بۆ دەبارێنین (وشە (ثَجَّاجًا) بە مانای ڕژاندنە، وەك پێغەمبەرمانﷺ سەبارەت بە ئیشە گرنگەکانی حەج دەفەرموێ: {أَفْضَلُ الحَجِّ الْعَجُّ وَالثَّجُّ/الترمذی،حسنه الالبانی/ گەورەترین ئیشەکانی حەج دەنگ بەرزکردنەوەیە بە زیکری خواو خوێن ڕژاندنە بە حەیوان سەربڕین} ئینجا خوا دەفەرموێ:

(١٥) بۆیە بارانتان بۆ دەبارێنین تا بەو ئاوە دانەوێڵەو گیاکان سەوز بکەین بۆ خۆتان‌و بۆ مەڕوماڵاتتان

(١٦) وە بیستانی پڕ دارو درەختی جۆراوجۆرو بە میوەی ڕەنگاو ڕەنگیش. بەڵێ بە یەك ئاوو لە یەك خاکدا سەدان میوە سەوز دەکاتو هەریەکەی جۆرێك میوە دەگرێت، هەر میوەیەکیش تامێکی تایبەتی خۆی هەیە، کێ ڕیشەی ئەو

درەختەی ڕێنمایی کرد کە چ تامێك لەو خاکەدا هەڵمژێت؟ جا یەکسەر لێرەوەبەرەو کۆتایی تەمەنی ئەم بونەوەرە سەرنجمان ڕادەکێشێتو دەفەرموێ:

(١٧) بەبێگومان ڕۆژی جیاکردنەوەی چاكو خراپ کاتێکی دیارییەو نە پێش دەکەوێتو نە دوا دەکەوێت بەڵکو لە کاتی تایبەتی خۆیدا ڕوودەدات.

(١٨) ئەو ڕۆژەی کە فو دەکرێت بە شەیپوردا. بەڵێ هەروەك لەدنیادا فرماندەو خاوەن دەسەڵاتان ئەگەر ئیشێکی گرنگیان هەبێت شاور لێ دەدەن تا هێزو سەربازانیان کۆببنەوەو مەبەستەکەی پێ ڕابگەیەنن هەرئاوەها کاتێك خوا ویستی خەڵکی زیندو بکاتەوە فرمان دەدا فو بە شەیپوردا دەکرێت، جا خەڵکی هەر یەکە لە جێگای خۆیدا زیندو دەبێتەوە، ئەوسا هەموتان پۆل پۆل بەرەو مەحشەر دێن، پێغەمبەری خوا ﷺدەفەرموێ:{ مَا بَيْنَ النَّفْخَتَيْنِ أَرْبَعُونَ قَالُوا يَا أَبَا هُرَيْرَةَ أَرْبَعُونَ يَوْمًا قَالَ أَبَيْتُ قَالُوا أَرْبَعُونَ شَهْرًا قَالَ أَبَيْتُ قَالُوا أَرْبَعُونَ سَنَةً قَالَ أَبَيْتُ ثُمَّ يُنْزِلُ اللَّهُ مِنْ السَّمَاءِ مَاءً فَيَنْبُتُونَ كَمَا يَنْبُتُ الْبَقْلُ قَالَ وَلَيْسَ مِنْ الْإِنْسَانِ شَيْءٌ إِلَّا يَبْلَى إِلَّا عَظْمًا وَاحِدًا وَهُوَ عَجْبُ الذَّنَبِ وَمِنْهُ يُرَكَّبُ الْخَلْقُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ /الشيخان/ لەنێوان فوپێدا کردنی مردنو فوپێداکردنی زیندوبونەوەدا چلە، پرسیار کرا لە ئەبوهورەیرە کە ڕاوی ئەم فەرمودەیە، چل ڕۆژ؟وتی: نازانم، چل مانگ؟ وتی: نازانم، چل ساڵ؟ وتی: نازانم، لە پاشان اللهُ بارانێك لە ئاسمانەوە دەبارێنێت ئێوەیش زیندو دەبنەوە وەکو چۆن گیا سەوز دەبێت، هیچ پارچەیەك لە لەشی مرۆڤدا نامێنێتو دەرزێت بێجگە لەو ئێسقانە بچوکەی کۆتایی پشت (کلینچك) ی مرۆڤ کە نارزێتو لەوێوە مەخلوقات دروست دەکرێتەوە} بەڵێ کاتێك کە فو کرا بە شەیپوردا هەر لە یەکەم شەیپوردا هەندێك لەمانەی کە لە دواییدا باسیان دەفەرموێت پەیدا دەبنو هەندێکی پاش شەیپوری دووەم ڕوودەداتو پیتی (واو) تەنها بۆ پەیوەندییەو هیچی تر ئەوەتە دەفەرموێ:

(١٩) جا ئاسمان دەکرێتەوەو دەبێت بە چەندین دەرگا

(٢٠) وە چیاکانیش دەرەوێنرێنو وەك سەرابیان لێ دێت کە لە ڕواڵەتدا چیان بەڵام لە ڕاستیدا وەکو تەمێکن کە لە پاشدا پارچە پارچەو ورد دەبن وەکو لمی شیکراوەو با لێیان دەداتو دەیانخاتە ناو چاڵو چۆڵەکانەوەو زەویان پێ تەختو ڕاست دەکاتەوە وەك لە سورەتی تاها ئایەتی/سەدوپێنج تاسەدوحەوت دا باسی فەرمو. ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(٢١) بەڕاستی دۆزەخ پێش قەرەوڵەو ئامادەکراوەو چاودێریانەوبەدیوارێکی ئاگری گەمارۆی خەڵکی داوە،

(٢٢) بۆ سەرکەشو یاخیان جێگای گەڕانەوەیانە ، بیانەوێت یان نەیانەوێت، بەڵێ هەمو کەسێك دەبێت بە سەر ئاگری دۆزەخدا بڕوات جا ئەگەر ماوەی پێدرا ئەوە دەپەڕێتەوە، خۆ ئەگەر ماوەیشی پێنەدرا دەبێ بچێتە ناویەوە. وەك لە سورەتی (مریم/ئایەتی هەفتاویەكو حەفتاودوودا دەفەرموێ: ﴿هیچکام لە ئێوە نیە کەتێپەڕن بۆ بەهەشت مەگەر بەسەر دۆزەخداو ئەوە شتێکی بێگومانەو بڕیار دراوە، لەپاشدا ئێمە ئەوانەی کە پەرهیزکار بوون ڕزگاریان دەکەین وە ئەوانەی کە ستەمکار بوون لەناویدا دەیانهێڵینەوە﴾، لێرەش دەفەرموێ:

(٢٣) چەندین چەرخ لەناو ئەو ئاگرەدا دەمێننەوە وشەی (حقب) واتە ماوەیەکی دیاری لە کات، جا هەندێك بە هەشتا ساڵی هەر ساڵی سێسەدو شەست ڕۆژی هەر ڕۆژی هەزار ساڵی خۆمان ماناکردوە. ئەوانە کێن؟ ئەوانە کەسانێکن کە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەتو ئایەتاکانی پەروەردگار نەبوە واتە کافر بون، جا کافران بۆ هەمیشەی لە ناو ئاگر دەمێنێنەوەومەبەست لە ئایەتەکە ئەوە نیە کە لە دوای تەواو بونی ئەو ماوەیە ئاگری دۆزەخو سزای کافران نامێنێت، دەقەکانی قورئان ئەوە دەگەیەنن کە کافرانو موشریکانو مونافیقان بۆ هەمیشە لەناو ئاگری دۆزەخدا دەمێننەوەو ڕۆژێك نایەت کە ڕزگار ببن، هەرگیز ناشمرن لەناو ئەو سزاو ئاگرەدا، جا لە پاش تەواو بونی هەر ماوەیەك لە سزادانی بێباوەڕان، سەر لە نوێ سزادانێکی تر دەست پێدەکات، هەروەك لەئایەتی

إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا ﴿٣١﴾ حَدَائِقَ وَأَعْنَابًا ﴿٣٢﴾ وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا ﴿٣٣﴾ وَكَأْسًا
دِهَاقًا ﴿٣٤﴾ لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّٰبًا ﴿٣٥﴾ جَزَآءً مِّن رَّبِّكَ عَطَآءً
حِسَابًا ﴿٣٦﴾ رَّبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلرَّحْمَٰنِ لَا يَمْلِكُونَ
مِنْهُ خِطَابًا ﴿٣٧﴾ يَوْمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّا لَّا يَتَكَلَّمُونَ
إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا ﴿٣٨﴾ ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمُ ٱلْحَقُّ فَمَن
شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا ﴿٣٩﴾ إِنَّآ أَنذَرْنَٰكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا يَوْمَ
يَنظُرُ ٱلْمَرْءُ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًۢا ﴿٤٠﴾

٧٩ سُورَةُ النَّازِعَاتِ ٤٦

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرْقًا ﴿١﴾ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشْطًا ﴿٢﴾ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبْحًا
﴿٣﴾ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبْقًا ﴿٤﴾ فَٱلْمُدَبِّرَٰتِ أَمْرًا ﴿٥﴾ يَوْمَ تَرْجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ
﴿٦﴾ تَتْبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ﴿٧﴾ قُلُوبٌ يَوْمَئِذٍ وَاجِفَةٌ ﴿٨﴾ أَبْصَٰرُهَا
خَٰشِعَةٌ ﴿٩﴾ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِى ٱلْحَافِرَةِ ﴿١٠﴾ أَءِذَا كُنَّا
عِظَٰمًا نَّخِرَةً ﴿١١﴾ قَالُوا۟ تِلْكَ إِذًا كَرَّةٌ خَاسِرَةٌ ﴿١٢﴾ فَإِنَّمَا هِىَ زَجْرَةٌ
وَٰحِدَةٌ ﴿١٣﴾ فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ ﴿١٤﴾ هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ﴿١٥﴾

دواتردادەفەرموێ: ﴿جا ئەی بێ باوەڕان ئێمە بێجگە لە سزا شتێکی ترتان بۆ زیاد ناکەین﴾ جا هەر لەبەر ئەمەیە کە هەندێ لە سەلەف وتویانە(لَيسَ لِلأَحقَابِ عِدَةٌ إلا الخُلُود/ البغوي/ بۆئەحقاب ماوەیەك نیە بێجگە لەهەمیشەیی)

(٢٤) هیچ ساردییەك‌و هیچ خوارنەوەیەکی تێداناخۆنەوە.

(٢٥) مەگەر ئاوی داخ‌و خوێن‌و زوخاوی دۆزەخیان کاتێ کەنزیکی دەمیان دەکەنەو بۆخواردنەوە چەرمی دەم‌و چاویان دەکەوێتە ناویەوەو کاتێ دەیشیخۆنەوە ڕیخۆڵەکانیان پارچە پارچە دەکات، وەك لە سورەتی (محمد)دا فەرموی، ئەمەش تۆڵەی کارە ناپەسەندو خراپەکانیانەو ستەمیان لێ ناکرێت، وەك دەفەرموێ:

(٢٦) ئەمە تۆڵەیەکی ڕێکە لەگەڵ کردەوەکانیاندا.

(٢٧) بەڕاستی ئەوانە چاوەڕوانی هیچ حیسابێکیان نەدەکردو باوەڕیان پێ نەبو.

(٢٨) جا بێ باوەڕبون بە نیشانەکانی ئێمە ئەو هەمو بەلگە گەورەو گرنگەیان بە ڕاست نەدەزانی.

(٢٩) خۆ ئێمەیش هەمو شتێکمان لە پەڕاوی تایبەتی خۆیاندا تۆمار کردوەو هیچمان لێ نەگۆڕاوەو هیچیشمان لێ ون نەبوە، لەو ڕۆژەدا هەر کەس بەگوێرەی کردەوەی خۆی حیسابی لەگەڵدا دەکرێت‌و بە تاوانباران دەوترێت:

(٣٠) دەی سا بچێژن پاداشتی کردەوە خراپەکانتان، با دڵنیا بن کە ئێمە بێجگە لە سزا شتێکی ترتان بۆ زیاد ناکەین. واتە لەو کاتەدا ئاوەها نائومێد دەکرێن، ئینجا خوای گەورە پاش باسی خراپەکاران‌و سزاکانیان باسی پیاو چاکان‌و پاداشتەکانیان دەکات‌و دەفەرموێ:

(٣١) بەڕاستی بۆ پارێزکاران جێگای خۆش هەیەو ڕزگارن لە ئێش‌و ئازارو هەم‌وغەم‌و ئامادەیە بۆ ئەوان

(٣٢) چەندین بێستان‌و چەندین باخچەی ترێ.

(٣٣) خۆ بۆیشیان ئامادەکراوە کچانی مەمك خڕی هاوسن‌وساڵی خۆیان، وشەی (کواعب) بەو ئافرەتانە دەڵێن: کە مەمکیان قیتەو لارنەبوەتەوە چونکە کچانێکی تازە پێگەیشتوی دەست لێ نەکەوتون.

(٣٤) هەروەها بۆ پارێزکاران هەیە شەرابی خۆشمەزە، یەك لەدوای یەك پەرداخی پڕ لەشەرابی پاك‌و پاڵفتەیان پێ دەدرێت.

(٣٥) جا لەو جێگا پڕ لە سەیرو سەفادا هیچ قسەیەکی بێ سوودو هیچ تاوانێك نابیستن بەڵکو هەر قسەی پاك‌و جوان‌و سەلامکردنەو هەمویان ڕێك‌وپێك‌و بێ عەیبن‌و لە ژیانێکی ئاسودەو بەختەوەریدا دەژین.

(٣٦) ئەوەی کەباسکرا بۆ پارێزکاران پاداشتێکی گەورەی پەروەردگارت بو کە بەخشی بەوان بە لێشاوی‌وبە زۆری کە بەسیان بو. ئینجا خوای گەورە باسی موڵك‌و دەسەڵاتی خۆی دەکات‌و دەفەرموێ

(٣٧) پەروەردگاری تۆ ئەو زاتەیە کە خاوەن‌و پەروەردگاری ئاسمانان‌و زەوی‌و ئەوەی کە لە نێوانیاندا هەیەو بێسنور بەسۆزە، هیچ کەس ناتوانێت پێشەکی

قسەی لەگەڵدا بکات لە ترس‌و سامدا هەتا خۆی ماوەی پێ نەدات،وەك لە سورەتی (هود) لە ئایەتی سەدوپەنجادا دەفەرموێ: ﴿ڕۆژێك دێت کە هیچ کەس ناتوانێت قسە بکات مەگەرتەنها بە ئیزنی ئەوزاتە﴾ لێرەش دەفەرموێ:

٣٨ لەو ڕۆژەدا ڕۆح‌و فریشتەکان هەمویان ڕیز دەبن‌و هیچ کەسیان قسە ناکات، تەنها ئەو کەسەی کە ڕەحمان ئیزنی بدات‌و قسەی ڕاست‌و دروست بکات‌و لە دنیادا قسەی ڕاست‌و دروست بوبێت واتە ئەهلی تەوحید بوبێت، لەبارەی (ڕۆح)دوە چەند قسە کراوە لەوانە: یەکەم: گیانی نەوەی ئادەم.

دووهەم: نەوەی ئادەم. سێهەم: دروستکراوێکن لە دروستکراوەکانی خوا لەسەر شێوەی نەوەی ئادەم نە فریشتەن‌و نە نەوەی ئادەمن‌و دەخۆن‌و دەخۆنەوە. چوارەم: جبرەئیل. پێنجەم: قورئان. شەشەم: فریشتەیەکە لە هەمو فریشتەکان گەورەترە. ئینجا خوا دەفەرموێ:

٣٩ ئەو ڕۆژەی کە باسکرا ڕۆژێکی ڕاستەو دێتەدی، جا ئەو کەسەی کە ئارەزۆی لێیە، با بەرەو ڕێبازی پەروەردگاری خۆی بگەڕێتەوە تا لەو ڕۆژەدا سەرفەرازو کامەران بێت،واتە: لاساری‌و خراپەکاری مرۆڤ زیانێك لە خوا نادات بەڵکو زیانی بۆ خۆتانەو خواش دنیای بۆ تاقیکردنەوە دروستکردوەو ئێوەی کردوە بە سەرپشك لە هەڵبژاردنی چاك‌و خراپدا ئەو ڕۆژە گەورەشی دروستکردوە بۆ پاداشت‌و تۆڵە بۆیە پاش ئەمە دەفەرموێ:

٤٠ بێگومان ئێمە پێمان ڕاگەیاندن‌و ئێوەمان ترساند لە هاتنی سزایەکی نزیك کە ڕۆژی قیامەتە کەئەو ڕۆژە هەمو کەس دەبینێت کە چی پێش خۆی خستوە لە چاك‌و لە خراپ وەك لە سورەتی (کەهف) ئایەتی چل‌ونۆدا دەفەرموێ: ﴿هەر چییان کردوە بەئامادەکراوی دەستیان دەکەوێتەوە﴾

وە لە سورەتی (قیامە) ئایەتی سیانزەدا دەفەرموێ: ﴿لەو ڕۆژەدا هەمو مرۆڤەکان هەواڵیان پێ دەدرێت بەوەی کە پێشیان خستوەو بەوەی کە لە پاشیان بەجێماوە لە چاك‌و لە خراپ﴾،جا لێرەش خوا دەفەرموێ: بێ باوەڕ دەڵێت: خۆزگە خاك بومایەو زیندو نەکرامایەوە بۆ ئەم حیساب‌و کیتابە، یان هەر نەبومایە، یان لە مرۆڤ نەبومایە، پێغەمبەرمان ﷺدەفەرموێ: { لَتُؤَدُّنَّ الْحُقُوقَ إِلَى أَهْلِهَا حَتَّى يُقَادَ لِلشَّاةِ الْجَلْحَاءِ مِنْ الشَّاةِ الْقَرْنَاءِ /مسلم وغيره/ سوێند بە اللهدەبێ مافی هەموکەسێك بدەنەوە هەتا تۆڵەی حەیوانی بێ شاخ وەردەگیرێتەوە لەحەیوانی شاخدار}

جا لە دوای ئەوەی کە پەروەردگار گیانلەبەرانیش لە گەڵ مرۆڤ و جنۆکە کۆدەکاتەوە، ئینجا پاش ئەوەی کەحیساب‌و کیتابی لەگەلدا کردن دەیان کاتەوە بە خاك، جا ئەو کاتە بێباوەڕانیش ئاوات دەخوازن‌و دەڵێن: خۆزگە ئێمەش خاك بوینایە، بەڵێ بێ باوەڕان لەو ڕۆژەدا دەزانن کە قسەی پێغەمبەران‌و پیاوچاکان ڕاستەو هیچ دەرفەتێکی تریان نیە، ئەوسا جارێك درۆدەکەن‌و جارێك گەورەو ئاغاکانیان بە تاوانبار دادەنێن‌و جنێویان پێ دەدەن‌و جارێك داوای گەڕانەوە بۆدنیا دەکەن تا ئیتر خراپە نەکەن‌و جارێك ئاوات دەخوازن هەر نەبوینایە بەڵام هیچکام لەوانە سودیان پێ نادات‌و هیچ کەسێکیش فریایان ناکەوێت. شیعە دەڵێن: ﴿يَٰلَيۡتَنِي كُنتُ تُرَٰبَۢا﴾ وشەی "اباترابا "بوەو گۆڕاوەو مەبەستی پەیڕەوانی عەلیە چونکە عەلی بە (ئەبو توراب) ناوبراوە، ئیتر بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەم سورەتە لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوەو ئەو کاتە بێ باوەڕانی قورەیش باوەڕیان بە پێغەمبەرو قورئان‌و ڕۆژی دوایی نەدەکرد، چ جای ئەوە باوەڕ بە ئیمامەتی منداڵێکی دەساڵەی وەك عەلی بکەن ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە لە مەدینەدا نازناوی (ئەبو توراب) بەعەلیەوە نراوەو بەو ناوە نابراوە، وەئەگەر بۆجەدەلیش بڵێن وابوە، واتە خۆزگە عەلی بومایە کەی مانای پەیڕەوانی عەلییە، هەی نەزان؟!

(٧٩) سورەتی نازیعات (٤٦)

سورەتی نازیعات کە حەفتاو نۆهەمین سورەتی قورئانە،لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوەو چلو شەش ئایەتەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین هەشتاو یەکەمین سورەتەو پاش سورەتی (النبأ)و پێش (الانفطار) دابەزیوە. ئەم سورەتە بەم ناوانەش ناو براوە: الساهرة، الطامة.

بەناوی اللهی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بەو فریشتانەی کە لە قوڵایترین دەمارەوە گیانەکانی خوانەناسان دەکێشن، بەگیانکێشانێك توند کە خاوەن گیانەکان دوچاری سەختترین ئێشو ئازار دەبن.

(٢) جا سوێند بەو فریشتانەی کە بە سۆزو خۆشەویستیو دڵ نەرمیەوە گیانی خواناسان دەکێشن.

(٣) وە سوێند بەو فریشتانەی کە لە هاتوچۆدان لە ئاسمانەکانەوە بۆ زەویو لە زەویشەوە بۆ ئاسمانەکان بۆئەنجامدانی فرمانەکانی الله.

(٤) سا سوێند بەو فریشتانەش کە کێبەرکێ دەکەن بۆ ئەنجامدانی فرمانی اللهو ئەوانەی کە گیانی خاوەن باوەڕان بەپەلە بۆ بەهەشت دەبەن.

(٥) وە سوێند بەو فریشتانەی کە جێ بەجێکەری کارێکی گرنگن. ئەم وشانە بە چەند شێوەی تر مانا کراون بەڵام ئەمەیانم هەڵبژارد، جا خوای گەورە سوێند دەخوات بەو فریشتانەو وەڵامی نەفەرموە واتە :سوێند بەو فریشتانە زیندوتان دەکەینەوە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەم قسەیە ڕونتر بکەمەوە بۆ خاوەن باوەڕان بەڵکو سوودی زیاتری لێ وەربگرن، خوای گەورە بۆی هەیە سوێند بخوات بە هەر شتێك کە خۆی ئارەزۆی لێ بێت، بەڵام ئێمە نابێت سوێند بە غەیری خوا بخۆین، چونکە جیاوازی لەنێوان سوێندی ئێمەو خوادا هەیە، ئێمە بۆیە سوێند دەخوێن تا باوەڕمان پێ بکرێت کە ئەو قسەیە ڕاستە بەڵام خوا پێویستی بەوە نیە، چونکە هەمو قسەکانی ڕاستەو پێویستە مرۆڤ بەگوێی بکات، لێرەدا لەوانەیە ئەو پرسیارە بکرێت: دەی ئیتر سوێندخواردنی الله سوودی چیە؟ دەڵێین سوێندەکانی اللهئەم سوودانەی هەیە:

یەکەم ـ بۆ ئەوەیە کەخەڵکی ئەو سوێند لەسەرخوراوە بە گرنگ بگرنو بە شتێکی سادەو کەمی نەزانن.

دووهەم ـ خوای گەورە دەیەوێت سودی ئەو سوێند پێخوراوانە دەرخات بۆ خەڵك چ سودی مادی بێت وەکو هەنجیرو زەیتون، وە ڕۆژو مانگ... یان سودی مەعنەوی بێت وەکو قورئانو قەڵەمو نوسین.

سێهەم ـ تا بزانێت کە سوێند پێخوراوان شتێکی ڕاستنو هەن وەك فریشتەکانو ڕۆژی قیامەت.

چوارەم ـ بۆ بەدرۆخستنەوەی بیروڕای پوچ وەك کاتی عەسر کە عەرەبەکان بە کاتێکی خراپیان دەزانی خوا سوێندی بە (عەسر) خواردوەکەکاتێکی بەسودە.

پێنجەم ـ سرنج ڕاکێشانی خەڵك بۆ گرنگی پێدان بەو شتانە وەکو نوسینو قەڵەم کە مایەی سەرفەرازی خەڵکن ئەگەر بیروباوەڕی ڕاستەقینەی لەگەڵدا بێت.

شەشەم ـ سوێندەکانی خوای گەورە بە هەندێك لەو شتانە، بەڵگەی گەورەییو دەسەڵاتی خوایە کە لە ڕاستیدا سوێندە بە خۆی، ئەمانە هەندێك بون لە سودەکانی ئەو سوێندانەی کە خوای گەورە خواردونی لە قورئاندا.ئینجا اللهدەفەرموێ:

(٦) کاتێك کە دەنگو لەرزەو نەعرەتەی گەورە ڕویدا کە شەیپوری یەکەمەو هەمو خەڵك دەمرێتو بێجگە لە زاتی حەق هیچ گیانلەبەرێك نامێنێت.

(٧) ئیتر بەدوای ئەو ڕوداوەدا ڕوداوەکانی تر یەك لەدوای یەك دێن، ئەمانە بریتین لە دوو شەیپور لێدانی یەکەمو دووهەم، کە یەکەمیان بۆ مردنەو دووەمیان بۆ زیندووبوونەوە کە بەپەلە هەمو مرۆڤەکان بەرەو خاکی شام دەچنو لەوێدا ڕاوەستان و ترسانو چاوەڕێکردنە تا ئەو کاتەی کە لەلایەن پێغەمبەرمانەوەﷺ داوای هاتنی خواو حوکمکردنی دەکرێت، وەکو لە فەرمودەدا هاتوە.

(٨) دڵانێك تەپە تەپیانە لە ترساندا.

إِذْ نَادَىٰهُ رَبُّهُۥ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى ﴿١٦﴾ ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿١٧﴾
فَقُلْ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَأَهْدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخْشَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَرَىٰهُ
ٱلْـَٔايَةَ ٱلْكُبْرَىٰ ﴿٢٠﴾ فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ ﴿٢١﴾ ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ ﴿٢٢﴾ فَحَشَرَ
فَنَادَىٰ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٤﴾ فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلْـَٔاخِرَةِ وَٱلْأُولَىٰٓ
﴿٢٥﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰٓ ﴿٢٦﴾ ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ ۚ بَنَىٰهَا
﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا ﴿٢٩﴾
وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا ﴿٣١﴾
وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا ﴿٣٢﴾ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ﴿٣٣﴾ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ
ٱلْكُبْرَىٰ ﴿٣٤﴾ يَوْمَ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ مَا سَعَىٰ ﴿٣٥﴾ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ
لِمَن يَرَىٰ ﴿٣٦﴾ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ
هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ
﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا
﴿٤٢﴾ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ﴿٤٤﴾ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ
مَن يَخْشَىٰهَا ﴿٤٥﴾ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا ﴿٤٦﴾

٨٠ سُورَةُ عَبَسَ ٤٢

(٩) چاوی ئەو خاوەن دڵانە شەرمەندەو زەبونە لەبەر ئەو هەمو کارەساتە سەختو دژوارانەی کە بە چاوی خۆی دەیبینێت، ئینجا بەرەو دەمەقاڵەی دنیا سرنجمان ڕادەکێشێتو دەفەرموێ:

(١٠) بت پەرستانو بێ باوەڕان بە ڕۆژی دوایی دەڵێن: ئایا ئێمە پاش ئەوەی کە مردینو کەوتینە گۆڕەوە، لەو گۆڕەوە جارێکی تر زیندو دەکرێینەوە؟! واتە بەشتێکی دوری دەزانن بۆیە دەڵێن:

(١١) ئایا کاتێك کە ئێمە بوین بە ئێسقانی پتورکاوو ڕزیو چۆن دەگونجێت وەکو خۆمان لێ بکرێتەوە؟ وشەی (نَخرة) بە (ناخِرة)ش خوێنراوەتەوە.

(١٢) دەڵێن: ئەگەر ڕاست بێت۔ جارێکی تر زیندو بکرێینەوە بەڕاستی ئەوە گەڕانەوەیەکی زیان ئاوەرە. بەڵێ بێ باوەڕان بە ڕۆژی دوایی بیرو بۆچونیان ئاوایەوزیندوبونەوەو حیسابو کیتاب بەدرۆ دەزانن و بیر لەوە ناکەنەوە کە ئایا لەپێشەوە لە چی دروستکراونو هەمیشە هەر ئەو کاتە دەبینن کە تێیدان، خوایش دەفەرموێ:

(١٣) بەراستی ئەو گەڕانەوە نیە بێجگە لە یەك تێخوڕین کە شەیپورێکەو لێدەدرێتو شتێکی تری ناوێت،

(١٤) جا هەر بەو شەیپوورلێدانە کتوپڕ هەمو مرۆڤەکان لەسەر ئەم زەویە زیندو دەبنەوە، ئینجا ﷲ دڵخۆشی پێغەمبەرمان ﷺ دەکات بە باسکردنی موسا ﷺ لەگەڵ تاغوتی سەردەمی خۆیدا کە فیرعەون بوە، واتە ئەو پێغەمبەرە بەو هەمو بەڵگە دەستەپاچەکەرە (المعجزە) لەگەڵ فیرعەوندا قسەو گفتوگۆی کرد بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر کوفرو فەسادو نالەباریو سەرئەنجام موسامان ﷺ ڕزگارکردو فیرعەونمان لەناوبرد. جا دەفەرموێ:

(١٥) ئایا پێت گەیشتوەو بیستوتە دەنگوباسی موسا،

(١٦) کاتێك کە لە شیوی پیرۆزی "توا"دا پەروەردگاری بانگی کردو نیگای کردە لایو فەرموی:

(١٧) بڕۆ بۆلای فیرعەون بەڕاستی ئەو لەخۆی بایی بوەو لەسنوردەرچوە،

(١٨) جا پێی بڵێ: ئایا ناتەوێت کە خۆت پاك بکەیتەوە؟

(١٩) جا ڕێنماییت بکەم بۆ لای پەروەردگاری خۆت ئەوسا تۆیش لێی بترسیت؟ ئا بەم شێوەیە موسا ﷺ هاتەلای فیرعەونو بەو شێوە نەرمو جوانە قسەی لەگەڵدا کرد،

(٢٠) خۆسەرەڕای ئەوەش بەڵگەی گەورەی ڕاستیو دروستی خۆی پیشاندا کە دەستو گۆپاڵەکەی بو، بەڵام ئەگەر کەسێك نەویست ڕێگای خوا بگرێت شەیتان چاك فریوی دەداتو هەمو ڕاستیەکی لەبەر چاو لار دەکاتو هەمو لاریو ناپەسەندیو لاسارییەکی لا جوانو ڕێكوپێك دەکات، چونکە دوژمنی بەرەی ئادەمیزادەو بۆ نالەبارانو بێ باوەڕان ئەو هێزەیشی هەیە ئەوەتە فیرعەون لەگەڵ ئەو قسە نەرمو جوانانەو ئەو بەڵگە گرنگانەی موسادا لەباتی باوەڕهێنانوبیرکردنەوە لەپاشە ڕۆژی خۆی، (٢١) جا ئەو باوەڕی پێ نەکردو سەرکەش بو.

(٢٢) لەپاشان پشتی کردە قسەکانی موسا ﷺ کە پەلەی
دەکرد بۆ دژایەتی کردنی.

(٢٣) جا خەڵکی کۆکردەوە، ئەوسا جاڕیشی دا بەناویاندا.

(٢٤) وتی:منم پەروەردگاری باڵادەستی ئێوەو بەم
بانگەوازە ناڕەواو نادروستەی قەبری خۆی هەڵکەندو
کەوتە بەر ڕق‌وقینی اللّٰه.

(٢٥) جا خوا تۆڵەی قسەی کۆتاییو‌سەرەتای لێکردەوە کە
کردی بە پەندو ئامۆژگاری بۆ سەردەمی خۆیو پاش
خۆیشی. بەڵام هەمیشە هەر خەڵکە ڕاستەکانن لەم پەندو
ئامۆژگاریانە سود وەردەگرن، بۆیە دەفەرموێ:

(٢٦) بەڕاستی لەو ڕوداوەدا پەندو ئامۆژگارییەکی گرنگ
هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە دەترسن لە پەروەردگاری
خۆیانو هەمیشە لە هەوڵی ڕازیکردنی ئەودان، ئینجا خوا
بۆ ئەوەی دەمکوتی بێ باوەڕان بە زیندوبونەوە بکات
دەفەرموێ:

(٢٧) ئایا دروستکردنی ئێوە سەختو دژوارە یان ئاسمان؟
کە ئەودروستیکردوە.

(٢٨) کە سەقفەکەی بەرزکردوەتەوەو ڕێك‌وپێکی کردوە

(٢٩) سا شەوەکەی تاریك کردوەو ڕۆژیشی ڕوناك کردوە

(٣٠) جا دوای ئەوەش زەوی خستەگڕ بەوشێوەی کە لە
فەرمودەی پێغەمبەر ﷺدا هاتوە: { خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ التُّرْبَةَ يَوْمَ
السَّبْتِ وَخَلَقَ فِيهَا الْجِبَالَ يَوْمَ الْأَحَدِ وَخَلَقَ الشَّجَرَ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَخَلَقَ
الْمَكْرُوهَ يَوْمَ الثُّلَاثَاءِ وَخَلَقَ النُّورَ يَوْمَ الْأَرْبِعَاءِ وَبَثَّ فِيهَا الدَّوَابَّ يَوْمَ
الْخَمِيسِ وَخَلَقَ آدَمَ ﷺ بَعْدَ الْعَصْرِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فِي آخِرِ الْخَلْقِ فِي
آخِرِ سَاعَةٍ مِنْ سَاعَاتِ الْجُمُعَةِ فِيمَا بَيْنَ الْعَصْرِ إِلَى اللَّيْلِ /مسلم، احمد/
اللّٰه خۆڵی لە ڕوژی شەممەدا دروستکردو لە ڕۆژی
یەکشەممەدا چیاکانی لەناو زەویدا دروستکردو، لە ڕۆژی
دووشەممەدا دەرختانو لە ڕۆژی سێ‌شەممەدا بەڵاو
نەهامەتیەکانو، لە ڕۆژی چوارشەممە نورو روناکی
دروستکرد، وەلە ڕۆژی پێنج شەممەدا گیانلەبەرانی لەسەر
زەویدا بڵاو کردەوە، جالە کۆتای هەمو دروستکراوەکان لە
دواترین وەختی ڕۆژی جومعەلە نێوان عەسرو شەودا
ئادەمی دروستکرد}واتە ئەوانە لەو ڕۆژانەدا اللّٰه
دروستیکردون نەك وابزانی کەلەیەك هەفتەدا اللّٰه ئەوانەی
بەوشێوە دروستکردوە،چونکە ئاشکرایە کەپاش زەمانێکی
درێژ ئادەم دروستکراوە.

(٣١) کەئاوی لێ دەرهێناو لەوەڕی لێ ڕوواند.

(٣٢) چیاکانی بتەوکردەوەو کردنی بە هۆی ڕێك‌وپێك
وەستانی زەویو ئەمانەمان کرد،

(٣٣) تا خۆتانو مەڕو ماڵاتتان سودی لێ وەربگرن، جا ئێمە
کە ئەم هەمو شتە گەورەو گرنگانەمان دروستکردوە بۆ
ناتوانین پاش مەرگ ئێوە زیندو بکەینەوەو چ شێك هەیە
بتوانێت ڕێمان لێ بگرێتو ببێت بە کۆسپ لە ڕێگای
زیندوکردنەوەی ئێوەدا؟ ئینجا دەفەرموێ:

(٣٤) جا ئەو کاتەی کە گەورەترین ڕوداو ڕویدا واتە
شەیپوری دووهەم لێدراو خەڵکی زیندوکرایەوە.

(٣٥) ئەو ڕۆژە مرۆڤ بیردەکاتەوە لەو شتانەی کە لە دنیادا
ئەنجامیداوەو هەموی دەخرێتە پێش چاویو گەورەو
بچوکی لەبیر نەکراوە، بەڵام چ سودی هەیە ئەو
بیرکردنەوەیە؟

(٣٦) ئەوسا دۆزەخ ئاشکرا دەبێت بۆ هەر کەسێك کە
بیەوێ ببیبنێت دەی بینێت، جا ئەو کاتە خەڵك دوو
بەشە: (٣٧) جا بەشی یەکەمیان ئەو کەسەی کە سەرکەشو
تاوانباربوە لەدنیادا،

(٣٨) وە ژیانی دنیای هەڵبژاردوەو هەر لە بیری کەیفو
خۆشیو کۆکردنەوەی سەروەتو سامانی دنیادا بوە،

(٣٩) بێگومان دۆزەخ هەر هی ئەوەو ئارامگایەتیو ناتوانێت
لە دەستی دەربچێتو خۆی پەنابدات، بەشی دووهەم
دەفەرموێ:

(٤٠) خۆ ئەو کەسەیش کە ترساوە لەو کاتەی کە لە
پێشگای پەروەردگاریدا ڕادەوەستێتو ترساوە لەو بڕیارەی
کە لەو کاتەدا بەسەریدا بدرێتو لەدنیادا بەرگری نەفسی

خۆی کردوە لە ئارەزۆکاریو جڵەوی بۆ شلْ نەکردوەو بە بەندایەتیو خواناسیەوە سەرگەرم بوە،

٤١ ئەوسا بەبێگومان ئەوە ئەو کەسە هەر بهەشت جێگایەتی، بەم شێوەیە بەکورتی ئیشی خراپەکارانو سزای ئایندەیانو ئیشی چاکەکارانو پاداشتی ئایندەیانی باسکرد، ئاشکرایە هەمو مرۆڤێك کاتێك هەواڵی هاتنی شتێکی گرنگی پێدرا زۆر حەزدەکات کە بە تەواوی کاتی ڕودانو پەیدابونو هاتنی بزانێتو پێغەمبەرمان ﷺ هەواڵی هاتنی ڕۆژی دواییو کۆتاهاتنی ئەم جیهانەی پێدرابو، ئەویش بە خەڵکی ڕاگەیاندبو لەوانەیە ڕۆژانە چەندین جار لەبارەی کاتی هاتنیەوە پرسیاری لێکرابێتو ئەویش دیارە پێی خۆشبوە کاتی هاتنی بە وردی بزانێت، بەڵام خوای زاناو کاربەجێ نایەوێت کەخەڵکی کاتی هاتنی ئەورۆژەبزانن، بۆیە لێرەدا دەفەرموێ:

٤٢ پرسیارت لێ دەکەن لەبارەی هاتنی ڕۆژی قیامەتەوەو دەڵێن: کەی نەمانی دنیا دێتو قیامەت پەیدادەبێت؟

٤٣ تۆ چیت دەوێت لە باسکردنی کاتەکەی، جا دەگونجێت پێغەمبەر ﷺزانیاری پێ درابێت بۆ خۆیو فرمانی پێ نەدرابێت بە خەڵکی ڕابگەێنێت، دەشگونجێت پێغەمبەریش ﷺنەیزانیبێت کە ئەم مانایە زۆرتر نزیکە لە ڕواڵەتی ئایەتەکەوە،چونکە دەفەرموێ:

٤٤ زانینی کاتی هاتنی قیامەت لەلای پەروەردگاری تۆ کۆتایی پێدێت، جا جگەلەو زاتە کەسی تر لەو کاتو ساتە ئاگادار نییە، جا بۆیە کاتێك کە جبرەئیل سەلامی خوای لێبێت پرسیار لە پێغەمبەر ﷺدەکات سەبارت بە کاتی هاتنی رۆژی قیامەت ؟پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ:{ ما المسئولُ عنها بأعْلَم مِنَ السائل/ متفق عليه/ پرسیار لێکراو زاناتر نیە لە پرسیارکەر}

٤٥ تۆ تەنها ترسێنەرێکی ئەو کەسەی کەلەو ڕۆژە دەترسێت. واتە: باوەڕی هەیە بە هاتنی ئەو ڕۆژە سەختەی کە قورئان بە بومەلەرزەی گەورەو بە باری قورسی سەرشانی ئاسمانانو زەوی ناوی دەبات وەك لە سەرەتای سورەتی (حەج)دا دەفەرموێ: ﴿بێگومان بومەلەرزەی قیامەت شتێکی گەورەیە﴾ و هەروەها لە سورەتی (الاعراف: سەدوهەشتاوحەوت)دا بە شێوەی نزیکی ئایەتی هەمان سورەت هاتووەو دەفەرموێ: ﴿لەبارەی قیامەتەوەپرسیارت لێ دەکەن کە کەی دێت؟ بڵێ:زانینی کاتی هاتنی ئەورۆژە لەلای پەروەردگارمە کەئەوکاتەی ڕۆشن ناکاتەوەونایزانێت مەگەر هەربۆ خۆی، بارێکی گرانە لەسەرئاسمانان و زەوی، هەر بەکتوپڕیش دێت، پرسیارت لێ دەکەن وەك ئەوەی کەتۆ زۆر شارەزایت هەبێ لەبارەیەوە،بڵێ:زانینی کاتی هاتنی ئەورۆژە لەلایاللّٰە یە بەڵام زۆربەی خەڵك نازانن﴾

لێرەش دەفەرموێ: تۆ ئیشت ئەوەیە کە خەڵك بترسێنیت لە هاتنی ئەو ڕۆژە تا بەڵکو سوودت لێوەرگرنو خۆیان لە سەرشۆڕیو شەرمەندەیی ئەو ڕۆژە ڕزگاربکەنو پەلە بکەن لە ئیشی چاکدا، چونکە نازانرێت کەی دێتو هاتنەکەیشی کتوپڕیەوە کەس ماوەی پەشیمان بونەوەی نابێت، ئەم ژیانەیش لەچاو دواڕۆژدا وەك تاقێك وایە وەکو دەفەرموێ:

٤٦ کاتێك کە زیندوکرانەوەو هاتنە مەیدانی کۆکردنەوە ژیانی دنیایان زۆر بەلاوە کەم دەبێتو، وا دەزانن تاقێکی ئێوارە یان تاقێکی بەیانی لەسەر زەوی دا ژیاون، تاقی ئێوارە لە پاش نیوەڕۆیە تا ڕۆژئاوابونو تاقی بەیانیش لە ڕۆژهەڵهاتنەوەیە تا نیوەڕۆ.

دەشگونجێت مەبەست لە مانەوەی ناو گۆڕ بێت کە هەیە بە هەزاران ساڵە مردوەو لە گۆڕدایە، بەڵام کاتێك زیندو دەکرێتەوەو سەختیو درێژی ئەو ڕۆژە دەبینێت بەلایەوە وایە کە تاقێك لە گۆڕدا ماوەتەوە کە داستانی عوزەیر پێغەمبەرو ئەسحابو لکەهەف ئەم مانایە زیاتر دەچەسپێنێتو ئایەتی (١١٢و١١٣)ی سورەتی (المؤمنون) کە دەفەرموێ: ﴿وتی: چەند ساڵ لەم زەوییەدا ژیاون؟ وتیان:ڕۆژێك یان هەندێ لەرۆژێك جا پرسیار لەوانە بکە کە حیساب زانن﴾ بۆ هەردوو بۆچونەکە دەبێتو هەر خوایش زانایە.

(٨٠) سورەتی عەبەسە (٤٢)

سورەتی عەبەسە کە هەشتاهەمین سورەتی قورئانە لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، چلو دوو ئایەتەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین بیستو چوارەمین سورەتە کە پاش سورەتی "النجم" و پێش سورەتی" القدر " دابەزیوە. ئەم سورەتە بەم ناوانەیش ناوبراوە " الصاخة، السفرة، الأعمى ".

بەناوی ﷲ ی زۆر بە سۆزو بێ نیهایەت میهرەبان

(١) ناوچاوی دا بەیەکداو پشتی هەڵکرد.

(٢) لەبەرئەوەی کە کوێرێك هاتەلای، زۆربەی ئەم ئایەتانە سەبارەت بە عەبدوڵای کوڕی ئوموومەکتوم هاتوەتە خوارەوە: کە جارێکیان پێغەمبەرمان ﷺ کۆمەڵێك لە پیاوماقوڵانی قوڕەیشی لە لابو، خەریکی قسەکردن بو لەگەڵیانداو چاوەڕوان بو موسڵمان ببن لەو کاتەدا (ئیبنو ئوممی مەکتوم) کە کابرایەکی کوێر بو هاتە خزمەتیو نەیزانی کێی لایەو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺپێم بڵێ ئەوەی کە خوا پێی وتویت، پێغەمبەریش ﷺ لەم کاتەدا بڕینی قسەی خۆی پێ خۆش نەبو، ئەویش هەر دەیوت فێرم بکە لەوەی کە بۆت هاتوە، پێغەمبەر ﷺ ناوچاوی دا بەیەکداو وەڵامی نەدایەوە، جا ئەم چەند ئایەتە دابەزیو فەرموی ناوچاوی دا بەیەکدا لەبەرئەوەی کە کوێرێك هاتە لای،

(٣) فەرموی: تۆ چی دەزانی بەڵکو ئەو دەیەوێت خۆی پاك بکاتەوە،

(٤) یان پەندو ئامۆژگاری وەربگرێت، جا بەو ئامۆژگاریو بیرخستنەوەیە سود وەربگرێت. وە هەروایش بو ئیبنو ئومی مەکتوم یەکێك لەو باوەڕدارانەی سەرەتای ئیسلام بو کەپێغەمبەر ﷺ چەندین جار لەکاتی دەرچونی بۆغەزاکان ئەوی لە شوێنی خۆیدا لە مەدینەدا بۆپێش نوێژی ئەوانەی کەدەمانەوە لەشار داناوە، وە لە شەڕی قادسیە کە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب لە نێوان موسڵمانانو فارسەکاندا رویدا بەشداری کردوە، کە هەندێك پێیان وایە هەر لەو شەڕەشدا شەهید بوە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ (١) أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ (٢) وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ (٣) أَوْ
يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكْرَىٰٓ (٤) أَمَّا مَنِ ٱسْتَغْنَىٰ (٥) فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ (٦)
وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ (٧) وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسْعَىٰ (٨) وَهُوَ يَخْشَىٰ (٩) فَأَنتَ
عَنْهُ تَلَهَّىٰ (١٠) كَلَّآ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ (١١) فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ (١٢) فِى صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ
(١٣) مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍۭ (١٤) بِأَيْدِى سَفَرَةٍ (١٥) كِرَامٍۭ بَرَرَةٍ (١٦) قُتِلَ ٱلْإِنسَٰنُ
مَآ أَكْفَرَهُۥ (١٧) مِنْ أَىِّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ (١٨) مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ (١٩) ثُمَّ
ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ (٢٠) ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقْبَرَهُۥ (٢١) ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ (٢٢) كَلَّا لَمَّا
يَقْضِ مَآ أَمَرَهُۥ (٢٣) فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ (٢٤) أَنَّا صَبَبْنَا ٱلْمَآءَ صَبًّا
(٢٥) ثُمَّ شَقَقْنَا ٱلْأَرْضَ شَقًّا (٢٦) فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا حَبًّا (٢٧) وَعِنَبًا وَقَضْبًا (٢٨)
وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا (٢٩) وَحَدَآئِقَ غُلْبًا (٣٠) وَفَٰكِهَةً وَأَبًّا (٣١) مَّتَٰعًا لَّكُمْ
وَلِأَنْعَٰمِكُمْ (٣٢) فَإِذَا جَآءَتِ ٱلصَّآخَّةُ (٣٣) يَوْمَ يَفِرُّ ٱلْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ (٣٤)
وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ (٣٥) وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ (٣٦) لِكُلِّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ
يُغْنِيهِ (٣٧) وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ (٣٨) ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ (٣٩) وَوُجُوهٌ
يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ (٤٠) تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ (٤١) أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَفَرَةُ ٱلْفَجَرَةُ (٤٢)

(٥) بەڵام ئەو کەسەی کە خۆی بێ نیاز دەزانێت کە وتراوە ئوبەیەی کوڕی خەلەف بو،

(٦) تۆ خۆت بەووە خەریك دەکەیت. کە چی ئیمانیشی نەهێناو لە غەزای ئوحود دا کوژرا ئەم ئایەتە ئەوەمان فێر دەکات کەکارێکی زانراو بۆکارێکی خەیاڵی وازی لێ ناهێنرێت، هەروەها بەرژەوەندییەکی دیاری بۆ بەرژەوەندییەکی خەیاڵی وازی لێ ناهێنرێت، کە ئەمە یەکێك لە بنەماکانی فیقهی ئیسلامیە.

(٧) جا تۆ هیچ تاوانت لەسەر نیە لەسەر ئەوەی کە ئەو کابرایە خۆی لەبت پەرستیو لوت بەرزی پاك ناکاتەوە، واتە ئەوەی کە بانگەوازەکەی تۆ بەهیچ نازانێتو گاڵتەت پێ دەکات تۆ خۆت بەووە خەریك دەکەیتو بەتەمایت پاکی بکەیتەوە بەڵام ئەو خۆی لادەدات، جا تۆ ئەوەندە خۆت بەوکەسەوە خەریك مەکە کەخۆی پاك ناکاتەوە تۆ تاوانت چیە؟ چونکە تۆ هەر گەیاندنی ئەم پەیامەت لەسەرەو زیاتر بەدەم ئەو کەسانەوە برۆ کە بەدەمتەوە دێن بۆیە دەفەرموێ:

(٨) جا ئەوەی کە بەپەلە دێتە لای تۆبۆ شارەزابون
لەئایین، (٩) لەحاڵێکدا کە ئەو لەخوادەترسێو دەیەوێ
خۆی لە خراپەو شیرکو تاوان پاك بکاتەوە،
(١٠) جا تۆ خۆت لەوە بێ ئاگا دەکەیت
(١١) شتی وا نەکەیت، بەبێگومان کەئەم ئایەتانەی قورئان
وەبیر هێنەرەوەو ئامۆژگارین، بەڵێ بەم شێوەیە پێغەمبەرمان ﷺ لەلایەن پەروەردگارەوە لۆمە کراوەو، ئەم لۆمەکردنەیش لە قورئاندا چەند جار هاتوە وەك دەفەرموێ ﴿لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ﴾ (التحريم:١) وە ﴿مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ﴾ (الانفال: ٦٧) وە ﴿لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ﴾ (التوبة:٤٣) ئەم لۆمەکردنەیش گەلێك بەسودە لەوانە: بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە خوا پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ لەژێر چاودێری خۆیدا دایناوە و هەروا نەیسپاردوە بەخۆی هەروەك پێغەمبەرمان ﷺ لە یەکێك لە نزاکانیدا دەفەرموێ:{ اللهمّ لاتَكِلني إلى نَفسي طَرفَةَ عَين أبَدا/احمد و ابوداود،حسنه‌الالبانی/ ئەی پەروەردگارم یەك چاوبرِوکەیەك نەمخەیتە دەست نەفسی خۆم} جا ئەمە بەهرەیەکی گەورەیە بۆ پێغەمبەرمان ﷺ. ئەم لۆمەکردنانە دەبێت بەهۆی ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ زۆر ئاگای لەخۆی بێتو بزانێت کە حیسابی ئەو جیاوازە لە خەڵکی تر. ئەم لۆمەکردنە دەبێت بەهۆی ئەوەی کە خەڵك لەبارەی پێغەمبەرەوە ﷺ لە سنور دەرنەچن،چونکە کەسێك کە لۆمەکرا دیارە ئازاد نیەو سیفاتی خوایی پێ نادرێت هەروەك پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{ لَا تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ فَقُولُوا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ/ متفق علیه/ واتە: لە پێناسەو باسی مندا نابێت لە سنوری خۆم تێم پەڕێنن وەکو گاورەکان کە عیسای کوڕی مەریەمیان وا لێ کرد، من بێجگە لەوەی کە بەندەی خواو پێغەمبەری ئەوم شتێکیتر نیم،جا بڵێن بەندەی خواو پێغەمبەرەکەی} هەروەها ئەم لۆمەکردنانە دەبێت کار بکاتە سەر ڕەوشتی خاوەن باوەڕانو زیاتر خۆیان لە تاوانو خراپە بپارێزن،چونکە کاتێك پێغەمبەر ی خوا ﷺ لەسەر شتێکی ئاوا بچوك لۆمە دەکرێت دەبێت خەڵکی ترچۆن بن، باسکردنی ئەو شتانەی کە پێغەمبەر لۆمەی لەسەر کراوە ئەوە دەردەخات کە پێغەمبەرمان ﷺ دوچاری تاوانی گەورە نەبوە ئەگینا پەروەردگار لێی بێدەنگ نەدەبو. ئەم لۆمە کردنانە دەبێت بەهۆی ئەوەی کە بڕیارەکانی پێغەمبەرمان ﷺ و ئەوەیشی کە ئیجتیهادی بێت بێ هیچ رەخنەیەك وەربگیرێت، چونکە ئەگەر نەیپێکایە خوا ڕاستیەکەی بۆ دەردەخست وەکو لەم شوێنانەدا دەرکەوتوە کەواتە هەرچی پێغەمبەرمان ﷺباسی کردوە بۆمان مادام جێگیر بوبێت کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : هەموی ڕاستەو بڕیاری خوایە کەواتە ﴿هەروەها لەخۆیەوە قسە ناکات وە ئەوەی کە ئەو باسی دەکات نیگایەو بۆی ڕەوانەدەکرێت﴾ (النجم:٣-٤) واتە: ئیجتیهادی پێغەمبەر ﷺ وەکو ئیجتیهادی موجتەهیدین نیە،چونکە هی ئەوان زیاتر لەو دنیادا ڕاستیو دروستی دەردەکەوێت هەرچەند موجتەهید نەك موشتەهی هەر پاداشتێکی هەیە.

وە ئەم لۆمەکردنانە بەلگەیەکی زۆر بەهێزن لەسەر ئەوەی کە ئەم قورئانە قسەی پێغەمبەرمان ﷺ نیە چونکە هیچ کەسێکی پایەبەرز لۆمەی خۆی باس ناکات بۆ خەڵك، بۆیە هەر ئەم لۆمەکردنانە بووەتە هۆی باوەڕهێنانی گەلێك خەڵك، بەڵێ بەڕاستی ئەم قورئانە گەورەترین مامۆستاو گەورەترین ئامۆژگاریکەرە بۆ مرۆڤو ئەرکی پێغەمبەریش ﷺ تەنها گەیاندنیەتی.

(١٢) جا هەر کەسێك ئارەزۆی لێیە با ڕوو لەو قورئانە
بکاتو سودی لێ وەربگرێتو یادی بکات،
(١٣) کە لە چەند پەڕەیەکی ڕێزلێنراو دایە
(١٤) بەرزکراوەتەوەو خاوەن شکۆیەو پاك کراوەیەلە
هەمو کەمو کوڕیو دەست لێدانێکی نادروست،
(١٥) بە دەستی نێردراوانێکەوەیە کە ئەو نێردراوانە،
(١٦) بەڕێزو چاکەکارن، ئەگەرچی ئەم وەسفانە بۆ
قورئانە لە لەوحولمەحفوزداو بۆ فریشتەکانە، بەڵام هەروەها پێویست دەکات ڕێز لە قورئانو قورئان خوێنانی ڕاستەقینەو مامۆستایانی قورئان بگیرێت، ئینجا خوای گەورە پاش ئەوەی کە لۆمەی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی

خۆی کردو تێیگەیاند کە ئەم قورئانە کەلامی خوایەو بۆ بەندەی خوا هاتوەو نابێت بۆ گەیاندن بەوان هیچ جیاوازییەك دابنرێتو باسی گەورەیو ڕێزی قورئانی کرد لۆمەو سەرزەنشتی بێ باوەڕان دەکاتو دەفەرموێ:

(١٧) بمرێت مرۆڤ چ شتێك وای لێ کردوە کە کافری بکاتو باوەڕ بەو کەسە نەکات کە دروستیکردوەو هەمو شتێکی ژیانی بۆ دابین کردوە؛ هەندێك وشەی (مَآ أَكْفَرَهُۥ) یان، بە فیعلی تەعەجوب مانا کردووە واتە: بمرێت مرۆڤ چ عەجایب کافرو بێ باوەڕێکە!

(١٨) ئەو زاتە باڵادەستە مرۆڤی لە چ شتێك دروستکردوە؟ کە ئێستا ئاوا خۆبەزلزانو ناسوپاسە؟

(١٩) لەو ئاوەی کە لە پشتی پیاو دێتەخوارەوەو دەچێتە ڕەحمی ئافرەتەوە دروستی کردوە، جا ئەندازەگیری هەمو شتێکی ئەوی کردوە، لە شێوەو ڕەنگوجۆرو ڕۆزیو ئیشو ماوەی ژیانیو چاکیو خراپی و خۆشی و ناخۆشی کە چەندەو چۆن دەبێت. (٢٠) لە پاشان ڕێگای هاتنە دەرەوەی لە ڕەحمی دایکدا بۆ ئاسان کردوەو ڕێگای ڕاستو ناڕاستی بۆ ڕۆشن کردووەتەوەو جا بۆ ئەو سەرنوشتەی کە دیاری کراوە بۆی ڕێی بۆئاسان کردوە. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: { إِعْمَلُوا فَكُلٌّ مُيَسَّرٌ لِمَا خُلِقَ/متفق عليه/ ئیش بکەن ئەوسا ئاسانکراوە بوهەموان ئەوەی کەبۆی دروستکراوە. واتە هەرکەسێ بۆچی درستکراوە ئەوڕێگاو ئیشو کارەی لەلا ئاسانە}

(٢١) لە پاشان دەیمرێنێتو ئینجا دەیخاتە ناو گۆڕەوە. واتە: پاش مەرگیش ڕێزی بۆ داناوەو نابێت وەکو باقی گیانلەبەران تەماشا بکرێت، بەڵکو پێویستە بشارێتەوە.

(٢٢) لە پاشان هەر کات ئارەزۆی لێ بێت زیندوی دەکاتەوە. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: { كُلُّ ابْنِ آدَمَ تَأْكُلُهُ الأَرْضُ إِلَّا عَجْبَ الذَّنَبِ مِنْهُ خُلِقَ وَفِيهِ يُرَكَّبُ/متفق عليه/ هەمو ئەندامێکی ئەوەی ئادەم دەڕزێت بێجگە لەکلینچکەی سەرەتا لەوێوە دروستکراوەو هەر لەوێشەوە پێك دەهێنرێتەوە} واتە: تەواوی ئەندامەکانی ئەوەی ئادەم دەڕزێتو وەك خاکی لێدێت بێجگە لەو ئێسقانە بچوکەی کۆتایی پشتی ئینسان کەهەروەکو خۆی دەمێنێتەوەو نەخاكو نە ئاگرو نەهیچ مادەیەکی تر کاری تێناکات، کە مرۆڤ لەو دروستکراوە لەسەرەتاوەو دووبارە لەوێوە دروست دەکرێتەوە. ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(٢٣) بەڕاستی مرۆڤ ئەوەی کە ﷲ فرمانی پێکردوە تا ئێستا بەتەواوی ئەنجامی نەداوە، پاش ئەوە ﷲ سرنجمان ڕادەکێشێت بۆ لای ئەو خواردنو خواردنەوانەی کە ئێمە ڕۆژانە دەیخۆینو دەفەرموێ:

(٢٤) دەی با مرۆڤ تەماشای ئەوخواردنەی خۆی بکات و بزانێت هەروا لەخۆیەوە دەبێت یان پەروەردگاری بۆی بەدیدەهێنێت؟ جا پێویستە مرۆڤ چاوی خۆی بکاتەوەو سوپاسی پەروەردگاری بکات لەسەر ئەو هەمو نیعمەتانەی کە بە بەلاش بە مرۆڤی بەخشیون وەك دەفەرموێ:

(٢٥) بەڕاستی ئێمە بە لێشاو ئاومان ڕژاندوەبەسەر زەویدا.

(٢٦) پاشان زەویمان بەگوێرەی پێویست لەت لەتکردوە،

(٢٧) ئینجا بەهۆی ئاوو لەتبونی زەویەوە دانەوێڵەمان لە زەویدا ڕواندوە.

(٢٨) هەروەها بەو ئاوە ڕوواندوومانە ترێو شینایی.

(٢٩) وەزەیتونو دارخورمایش.

(٣٠) جا باخوبێستانانی چڕو پڕیش.

(٣١) جامیوە بۆ خواردنی مرۆڤ و گیاو پوشیش بۆ خواردنی حەیوانات.

(٣٢) تا خۆتانو مەڕوماڵاتتان سوودی لێ وەربگرێت، بەڵێ ئەوەی خوێنرایەوە ئەگەر بە چاکی تەماشای بکەینو جوان لە پەیدابونیان ورد ببینەوە، مادام تۆزێك هەستمان هەبێت دەبێت سەری بەندایەتی بۆ خوای داناو زاناو بەهێز نەوی بکەینو بڵێین: (يَا رَبَّنَا لَكَ الحَمْدُ كَمَا يَنْبَغِي لِجَلَالِ وَجْهِكَ وَعَظِيمِ سُلْطَانِكَ). پاش ئەمانە خوای داناو زاناو بەهێز سرنجمان بەرەو ڕوداوی گەورەو سامناکی قیامەت

(٨١) سُورَةُ التَّكْوِيرِ (٢٩)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ (١) وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتۡ (٢) وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ
سُيِّرَتۡ (٣) وَإِذَا ٱلۡعِشَارُ عُطِّلَتۡ (٤) وَإِذَا ٱلۡوُحُوشُ حُشِرَتۡ
(٥) وَإِذَا ٱلۡبِحَارُ سُجِّرَتۡ (٦) وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتۡ (٧) وَإِذَا
ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ سُئِلَتۡ (٨) بِأَيِّ ذَنۢبٖ قُتِلَتۡ (٩) وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتۡ
(١٠) وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتۡ (١١) وَإِذَا ٱلۡجَحِيمُ سُعِّرَتۡ (١٢) وَإِذَا ٱلۡجَنَّةُ
أُزۡلِفَتۡ (١٣) عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّآ أَحۡضَرَتۡ (١٤) فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ (١٥)
ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ (١٦) وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ (١٧) وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ (١٨)
إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ (١٩) ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ (٢٠) مُّطَاعٖ
ثَمَّ أَمِينٖ (٢١) وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجۡنُونٖ (٢٢) وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ
(٢٣) وَمَا هُوَ عَلَى ٱلۡغَيۡبِ بِضَنِينٖ (٢٤) وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ شَيۡطَٰنٖ رَّجِيمٖ (٢٥)
فَأَيۡنَ تَذۡهَبُونَ (٢٦) إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ (٢٧) لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن
يَسۡتَقِيمَ (٢٨) وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (٢٩)

(٨٢) سُورَةُ الانفطار (١٩)

(٣٣) ئەگەر هەر کاتێك ئەو دەنگە گەورەو سامناکە هاتو خەڵکی زیندوکرانەوەو لە زەوی کۆکرانەوەدا کۆکرانەوە، بەراستی کاتێکی پڕ مەترسیو سەختە کە قورئان بۆمان باس دەکاتو دەفەرموێ:

(٣٤) ئەو دەنگە پڕ مەترسیە لە ڕۆژێکدایە کە مرۆڤ لە براکەی ڕادەکات نەوەك داوای مافی خۆی لێ بکات.

(٣٥) جا نەك هەر ئەوە بەڵکو لە دایکیو لە باوکی ڕادەکات.

(٣٦) خۆ نەك هەر ئەوانە بەڵکو ڕادەکات لە خێزانەکەیو لە کوڕەکانی ئەوانەی کە لە دنیادا حەرامو حەڵاڵی بەلاوە گرنگ نەبو بەڵکو چاك کردنی باری ژیانی ئەوانی بە پێویست دەزانی وا ئەمڕۆ ڕادەکات لێیان نەوەك داوای مافی خۆیانی لێ بکەنو کاتەکە زۆرسەختە.

(٣٧) چونکە هەمو کەسێك لەوان لەو ڕۆژەدا لە بارو دۆخێکدایە کە بێ نیازی کردوە لەوەی کە لە کەسی تر بپرسێتەوە، واتە ئەوندە سەرقاڵی خۆیەتی کە نایپەرژێتە سەرکەسی تر. ئیبنوعەباس دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {تُحْشَرُونَ حُفَاةً عُرَاةً غُرْلًا فَقَالَتْ امْرَأَةٌ أَيُبْصِرُ أَوْ يَرَى بَعْضُنَا عَوْرَةَ بَعْضٍ قَالَ يَا فُلَانَةُ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ / الترمذي، صححه الألباني} ئێوە ڕۆژی قیامەت کۆدەکرێنەوە لەحاڵێکدا کە روتو پێپەتیو خەتەنە نەکراون جا ئافرەتێك وتی: ئایا عەورەتی یەکتر دەبینین؟ جا پێغەمبەر ﷺفەرموی: ئەی فلانی: هەمو کەسێك لەوان لەو ڕۆژەدا لە بارو دۆخێکدایە کە تەنها سەرقاڵی خۆیەتی. جا ئەو کاتە ئەوخەڵکە دوو بەشن وەك دەفەرموێ:

(٣٨) دەموچاوانێك هەن لەو ڕۆژەدا کە زەردن وەکو زێڕ دەدرەوشێنەوە.

(٣٩) پێدەکەنێتو مژدە دەدات لە خۆشیاندا،وەکو لە سورەتی (حاقە)لە ئایەتی نۆزدەدا دەفەرموێ: ﴿ ئەو کەسەی کە نامەی کردەوەکانی بە دەستی ڕاستی پێدرا هاوار دەکاتو دەڵێت: وەرن نامەی کردەوەکانی من بخوێننەوە﴾ جا سەبارەت بە بەشی دووهەم دەفەرموێ:

(٤٠) ئەوسا دەمو چاوانێك هەن کە تەپوتۆزی لێ نیشتوەو

(٤١) (٤٢) مۆنو تاریکە. ئەوانە هەر کافرانی خراپەکار بون، (خوای گەورە لەو دەمو چاوە نورانیو شادو مژدەدەرانەمان دابنێت ئامین).

(٨١) سورەتی تەکویر (٢٩)

سورەتی تەکویر کە هەشتاو یەکەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوەو بیستو نۆ ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین حەوتەمین سورەتەو پاش سورەتی (الفاتحة)و پێش (الأعلى) دابەزیوە. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {مَن سرَّهُ أن ينظُرَ إلى يَوم القيامةِ كأنَّهُ رأيُ عَين فليقرَأ ﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ﴾و ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ﴾و ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾ / أحمد، صححه الألباني} هەر کەسێك پێی خۆشە تەماشای ڕۆژی قیامەت بکات وەکو بە چاو بیبینێت با سورەتی(تەکویرو ئینفیتارو ئینشیقاق) بخوێنێت. لەسورەتی پێشودا باسی هەندێ لەروداوەکانی قیامەتی کرد

جالەم سورەتەوسێ سورەتی پاشیشی چەندین جۆر لەرووداوە سەختەکانی قیامەت باس دەکات.

بەناوی اللّٰه ی زۆر بە سۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) هەر کاتێك ڕۆژ تاریك بو شەوقی نەماو پێچرایەوە.

(٢) جا هەر کاتێك ئەستێرەکان لێڵ بون.

(٣) وە هەر کاتێك چیاکان پاڵنران، جا ئەمە شتێکی هەروا ئاسانو بێ دەنگ نیە کاتێك کە ئەو هەمو چیایە لە جێی خۆیان هەڵدەکەندرێنو وردو ڕێزاڵ دەکرێنو دەبن بە تۆز دەنگو هەرایەکی وا ڕودەدات کە هەمو گیانلەبەران دەترسنو جا بەهەرلایەکدا رادەکەنو دێن بەناویەکدا.

(٤) سا هەر کاتێك کە حوشترانی نزیك بەزان کە خۆشەویسترینو بەنرخترین ماڵەکانی عەرەبن بەرەڵاکرانو خاوەنی لە ترسا هۆشی بەلایانەوە نەما،

(٥) جا هەر کاتێك کە جانەوەرانی کێوی کۆکرانەوەو تێکەڵاو بون.
(٦) وە هەر کاتێکیش کە دەریا پڕ ئاوەکان هەڵگرێنران، جا لەو کاتەدا زەوی تا حەوت چینی لەت دەبێتو لەو کاتەدا بایەك دێتو هەمویان دەمرن.

(٧) جا هەر کاتێك گیانەکان کرانەوە لەشو زیندوکرانەوە، یان هەر کاتێك کەسێك لەگەڵ هاووێنەی خۆیداچاك لەگەڵ چاکو خراپ لەگەڵ خراپدا کۆکرانەوە.

(٨) وە هەر کاتێکیش ئافرەتی زیندەبەچاڵکراو پرسیاری
لێکرا،
(٩) بێژرا بە چ تاوانێك کوژراوە؟ ئەمە یەکێك بو لە ڕەوشتە ناپەسەندەکانی سەردەمی نەفامی کابرا کچی خۆی هەر بە زیندویی چاڵی بۆ هەڵدەکەندو دەیخستە ناویەوەو خۆڵی بەسەردا دەدا لەبەرئەوەی کە عەیبو عاری نەیەتە سەر، بەڵام ئیسلام هاتو ئەو کارە ناپەسەندەی وەکو سەدان کاری ناپەسەندی تری سەردەمی نەفامی هەڵوەشاندەوە، تەنانەت خۆ بەرگریکردنی پیاو بۆ نەبونی منداڵ بە زیندەبەچاڵکردنی پەنامەکی ناوبراوە، وەك پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{ذَلِكَ الْوَأْدُ الْخَفِيُّ وَهُوَ الْمَوْؤدَةُ سُئِلَت /مسلم/ ئەوە زیندو بەچاڵکردنێکی پەنامەکیە، هەرئەوەیە زیندوبەچاڵکراو کەپرسیاریان لێ دەکرێت} ئاینی ئیسلام ئاوا مافی مرۆڤ دەدات هەر لەکاتی نوتفەییەوە دەیپارێزێتو ڕێگای ڕاستو ڕەوانی بۆ دیاریی دەکات، بەڵام ئەوانەی کە ئەمڕۆ لافی مافی مرۆڤ لێ دەدەن هێشتا شەڕی پێستو شەڕی نەژادی بە شتێکی ڕەواو ڕاستی دەزاننو بەرنامەی لەباربردنیان هەیە (الاجهاض)! ئینجا خوای گەورە درێژە بە ڕوداوەکانی قیامەت دەداتو دەفەرموێ

(١٠) جا هەر کاتێك کە نامەی کردارەکان بڵاوکرانەوەوهەر کەسێك نامەی کردەوەی درایە دەستی هەندێك بەڕاستو هەندێك بە چەپ.

(١١) وە هەر کاتێکیش ئاسمان لابراو پێچرایەوە.

(١٢) جا هەر کاتێك دۆزەخیش هەڵگیرسێنرا.

(١٣) وە هەر کاتێکیش کەبەهەشت نزیك کرایەوە بۆ بەهەشتیانو کاتێك کە ئەم دوانزە ڕوداوە گرنگە ڕویاندا،

(١٤) ئەوکاتە هەمو کەسێك دەزانێت چی ئامادەکردوە بۆ ئەو ڕۆژە چاك یان خراپ، زۆر یان کەم،وەك لە سورەتی (ال عمران) ئایەتی (سی)دا دەفەرموێ: ﴿ئەو ڕۆژە هەموکەسێك هەرچی چاکەیەکی کردوە بۆی ئامادە دەکرێت،هەروەها ئەوەش کەکردویەتی لەخراپە، جا ئەوکاتە ئاوات دەخوازێت کەماوەیەکی زۆر درێژ ببوایە لەنیوان خۆیو ئەو کردارە خراپانەی دا﴾

(١٥) دەگونجێت(لا) زیادەبێت،واتە سوێند بە خوننەس دەخۆم یان لای (نافیە) بێت،واتە سوێند ناخۆم بە خوننەس، چونکە هەر خۆی شایەتە لەسەر زاناییو داناییو هێزی اللّٰه ، وشەی (خنس) بە ئەستێرەو ئاسكو گا کێوی ماناکراوە، جا ئەستێرە هەموی بێت کە بە ڕۆژ نابینرێن یان ئەو ئەستێرە ئاسراوانە بن، جا هەر کام لەوانە بێت

(١٦) هاتوچۆ دەکەنو دەچنەوە جێگای خۆیان، وشەی (کنس) بە جێگای خۆشاردنەوەی جانەوەرە وەحشیەکان دەوترێ، کێ ئەوانەی فێری گەڕانو هاتوچۆو گەڕانەوە بۆ

شوێنی خۆیانی کردوه؟ ئاشکرایه کەهەر خوای زاناو داناو بەهێزە ئەوەدەکات نەك کەسی تر، ئینجا دەفەرموێ:

(١٧) جا سوێند بە شەو کاتێك تاریك دەبێت.

(١٨) وە سوێند بە کاتی بەیانی کاتێك هەناسەدەدات و لە شەو جیادەبێتەوە، لێرەدا لەجیاتی (طلع) وشەی (تَنَفَّسَ)ی بەکارهێناوە، کە بەڕاستی هاتنی بەیانیان هەواو هەناسەیەکی جیاوازی وای هەیە کتوپڕ بێ کاتژمێر دەتوانرێت بزانرێت کە بانگی بەیانی و کاتی نوێژی بەیانی هاتوەو ئەو هەوایەش زۆر بەکەڵکە وەکو پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{اللَّهُمَّ بُورِكَ لأمّتي في بكُورِهَا/ الترمذي. صححه الالباني/ ئەی خودایە پیرۆزکەیت بۆ گەلەکەم لە بەیانیانیاندا} هەندێك خەوی پاش نوێژی بەیانی تاهەتاو کەوتنیان بەلاوەچاك نیە، لەبەر ئەو ریوایەتانەی کەلەم بارەوە هاتون، جا خوای زاناو دانا سوێند بەوانە دەخوات و دەفەرموێ:

(١٩) بەڕاستی ئەم قورئانە قسەی ڕەوانەکراوێکی بەڕێزە کە هەرگیز خۆی لە قسەی بچوك و ناڕێك نادات، کەئەم قورئانەی لەبەیتولعیزەتەوە بەفرمانی خوا گەیاندۆتە محمد ﷺ.

(٢٠) کەخاوەنی هێزەو لەلای خاوەنی عەرش بە شکۆو پایەبەرزە.

(٢١) کەبەگوێکراوە لەناو فریشتەکانداو لەوێدا بەدەم و دەست پاك دەیناسن، مەبەست جبرەئیلە کە نێردراوێکە لەنێوان خواو پێغەمبەرماندا ﷺ و کەلامی خوای هێناوە بۆ پێغەمبە رمان ﷺ و خاوەن هێزە کەهیچ شتێك ناتوانێت دەست بخاتە ناوکاریەوەو ئەمینەو بە ڕێك وپێکی پەیامەکەی گەیاندوە، ئینجا دەفەرموێ:

(٢٢) وەبەڕاستی هاورێکەی ئێوە کە محمدە ﷺ شێت نیەو قسە لە خۆیەوە ناکات بەڵکو

(٢٣) بەڕاستی لەسەر سەریەوە بە ڕۆشنی جبرەئیلی بینیوە، ئەمە یەکەم بینین بو کە لەناو بەردەڵانەکانی مەکەدا چاوی پێکەوت، وا دەردەکەوێت کە ئەم سورەتە بەر لە ئیسرا بوە، چونکە لەکاتی میعراجدا جارێکی تربینیویەتی وەك خۆی ئەگینا سەدان جاری تر بینیویەتی، بەڵام هەر جارێك بە شێوەیەك بوە کە هەندێك جار لە شێوەی (دحیەی کەلەبی)دا بوە.

(٢٤) وە ئەو محمدە ﷺ سەبارەت بەو شتە نهێنیانەی کە بۆی هاتوە ڕژدە نیەو بە هەمو کەسێکی ڕاگەیاندوەو هیچ شتێکی نەشاردوەتەوە، وشەی (بِضَنِينٍ) بە (ظَنِين) خوێنراوەتەوەکە هەر دوو شێوەکە ڕەوایە واتە هیچ گومانێکی لێ ناکرێت.

(٢٥) جا ئەو قورئانە قسەی شەیتانی تارێنراو نیەو ناتوانێت شتێك لەو بارەوە بڵێت،وەك لە سورەتی (شوعەرا) ئایەتی(دووسەدویانزەودووسەدودوانزە) دا دەفەرموێ: ﴿شەیتانەکان نەیانهێناوەو بۆیان نیە کەشتی وا بکەن و ناشتوانن، چونکە بێگومان ئەوان بەرگری کراون لە گوێگرتن﴾ ئینجا دەفەرموێ:

(٢٦) جا ئیتر بۆ کوێ دەچن و بۆ عەقڵتان ناخەنە کار تا ڕاستیەکان بزانن؟

(٢٧) ئەم قورئانە بێجگە لەوەی کە پەندو ئامۆژگاریە بۆ هەمو خەڵك شتێکی تر نیە.

(٢٨) بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت ڕێگای ڕاست بگرێت ئەم قورئانە ڕێنمایی دەکات و ڕێگای ڕاستی پیشان دەدات.

(٢٩) خۆ ئێوە ویست و ئارەزۆی هیچیش ناکەن مەگەر بە ویستی خوای پەروەردگاری جیهانیان بێت، پێویستە بزانرێت کەئایەتی پێشو بەرپەرچدانەوەیەکە بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان بە سەرپشکی و ئیختیاری مرۆڤ نیە وە ئەم ئایەتەش رەدە بۆ ئەوانەی کە پێیان وایە کە هەمو شت بە ویست و ئیختیاری مرۆڤە، بەڵام ئەهلی سوننەو جەماعە باوەڕیان بە هەردوو ئایەتەکە هەیەو هەرکام لەجیگای خۆیدا مانای دەکەنەوەو دەزانن خاوەنی ویستی بێ قەیدو شەرت هەر الله یەو ویستی مەخلوقاتیش لەژێر ویستی پەروەردگاردایە، دەشزانن کە زۆر جیاوازی هەیە لە نێوان ئیرادەو موحەبەتدا، لێرەدا پێویستە بزانین کە باوەڕبون بە قەزاو قەدەر یەکێکە لە بناغەکانی باوەڕی

ئیماندار، بەڵام یەکێکە لەو بناغانەی کە قسەی زۆری لەسەر کراوەو ناکۆکی زۆری لەسەر بوەو زۆرێك لەوبارەوە لەحەق لایان داوە، وە لە راستی دا هۆی سەرەکی لادان لە حەق لە مەسئەلەی قەزاو قەدەردا دەگەڕێتەوە بۆ نەناسینی پەروەردگاری جیهانیان بە ناسینێکی شیاو، باوەڕبون بە قەزاو قەدەر ئەوەیە کە باوەڕدا، باوەڕی وابێت کە: پەروەردگار ئاگای لە هەموشت هەیەو زانیاریەکەی گەورەو بچوك، ئاشکراو پەنهان دەگرێتەوەو هیچ شتێك نیە مەگەر ئەوەی کە الله لێی ئاگادارە، کە ئەمە بە پلەی "العلم" دەناسرێت عیلمێك کە نە نەزانی توشی دەبێتو نە لەبیرچونەوە لەناوی دەبات،

پاشان باوەڕی وابێت کە پەروەردگار پاش ئەوەی کە عیلمی بە چەندیەتیو چونیەتی هەموشتەکان بوە پەنجا هەزار ساڵ پێش ئەوەی کە ئاسمانو زەوی دروست بکات هەموی نوسیوە کە ئەمە پلەی "الکتابە"یە، پێویستە ئەوەش بزانرێت کە نوسین چەند شێوازێکی هەیە، لەوانە نوسینێکی گشتی کە لە لەوحولەحفوزدایە، وە نوسینی تەمەنی واتە : ئەو نوسینەی کە کاتێك مروۆ لە رەحمی دایکی دایە دەنوسرێت، نوسینی ساڵانە کە ئەویش لە شەوی قەدردا دەنوسرێت، وەهەروەها نوسینی بەردەوامی رۆژانە، ئینجا باوەڕی وابێت هەمو شت لە ژێر ویستو ئیرادە پەروەردگار رودەداتو ئەوەی ئەو زاتە بییەوێت رودەداتو ئەوەی نەیەوێت رونادات، هەموبونەوەر مولکی پەروەردگارە، جا چۆن دەگونجێت لە مولکی ﷲ دا شتێك روبدات کە ئاگای لێی نەبێتو ویستی لەسەر نەبێت؟ پاشان باوەڕی وابێت کە بەدیهێنەری هەمو شت پەروەردگارە کە لەوانە ئەو ئیرادەو ئەو هێزەیە کە بە مروۆی بەخشیوە، جا ئەوە رودەدات بەدیهێنەرەکەی ﷲ ی باڵادەستە تەنانەت ئەو کردارانەی کە مرۆۆ ئەنجامیان دەدات ئەگەرچی بە ویستی خۆی دەی کات،بەڵام خالیقەکەی ﷲ یە چون هەمو کردەوەیەك سەرچاوەی لە دوو شتە: یەکەم ویستو ئیرادە قەتعی، دووهەم هێزو توانایی تەواو، خالقی ئەم دووانەش هەر ﷲ یە.

پێویستە بزانرێت لە نێوان خۆشەویستی(الْمُحِبة) لە گەڵ ویست (الْمَشِيئَة) وە هەروەها ئیرادەدا جیاوازی هەیە، کاتێك دەوترێت هەموشت بە ویستی پەروەردگار رودەدات مانای ئەوە نیە کە ئەو روداوە یان ئەوشتە لە لایەن پەروەردگارەوە شتێکی چاكو پەسند کراوەو خۆشەویستە، تاوانەکان کە رودەدن لە ژێر ویستی پەروەردگاردایە بەڵام پەروەردگار رقیەتی لەو کردارانە واتە: ویستی پەروەردگار لەسەر هەمو ئەو شتانەیە کە رودەدەن بەڵام مەرج نیە هەمویان پەسەندکراوی لای پەروەردگاربن‌و لێیان رازی بێتو خۆشی بوێت، بەڵام وشەی ئیرادە هەر دوو ماناکە لەخۆی دا کۆدەکاتەوە، جا بۆیە ئیرادە کراوە بە دوو بەشەوە، بەشێك کە بەمانای ویست (الْمَشِيئَة) دێت کە بە ئیرادەی کەونی ناویان بردوە کە حەتمەن رودەدات واتە: کاتێك کە پەروەردگار ویستی لەسەر شتێك بو ئەوە حەتمەن رودەدات بەڵام مەرج نیە کە خوا پێی خۆش بێت، بەشێکی تر کە بە مانای خۆشەویستیو موحەبەتە: کە ئیرادەی شەرعی پێدەوترێت کە پەروەردگار بەوە رازیەو پێیخۆشە بەڵام مەرج نییە ئەمە حەتمەن رو بدات وەك ئەوەی کە دەفەرموێ:﴿ وَاللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ/ ﷲ پێیخۆشە کە تەوبەتان لێوەربگرێت﴾

دیارە هەمو کەس تەوبە ناکات واتە ئیرادە لێرەدا ئیرادەی شەرعی پەروەردگارە جا بۆیە وشەی" یرید " لە ئایەتەکەدا بە خۆشەویستی مانا کراوە. وەهەروەها پێویستە بزانرێت کە دەستگرتن بە ئەسبابەکانو باوەڕبون بەوەی کە مرۆڤەکان لەلایەن پەروەردگارەوە ئیرادەیان پێدراوە وسەرپشك کراون لە هەڵبژاردنی ڕێگایان، بەشێکە لە باوەڕ بون بە قەزاو قەدەر. کەواتە ئەگەر پیاوێك کەسێکی کوشت بەناڕەوا دەبێت باوەڕدار باوەڕی وابێت کە پەروەردگار لە عیلمی ئەزەلی خۆیدا ئاگای لەم روداوەبوەو زانویەتی کە رودەداتو پەنجاهەزارساڵ پێش دروستکردنی ئاسمان زەوی لە لەوحولەحفوزدا نوسیویەتی، وە کاتی روداوەکە لەبەر حیکمەتانێك کە خۆی دەزانێت وە یان رەخساندنی دەرفەتێك بۆ تاقی کردنەوەی بەندە، هێز و ئیرادەی پێویستی بۆ ئەوروداوە پێداوە، جا کابرا بە هۆی بەکاربردنی ئەو ئیرادەو هێزەوە لە ڕێگایەکدا کە ﷲ پێی رازی نییە تاوانبارەو مافی تۆڵە لێ وەرگرتنەوەی هەیە. جا لەم ئایەتەش دا پەروەردگار تێماندەگەیەنێت کە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ ١ وَإِذَا ٱلۡكَوَاكِبُ ٱنتَثَرَتۡ ٢ وَإِذَا ٱلۡبِحَارُ
فُجِّرَتۡ ٣ وَإِذَا ٱلۡقُبُورُ بُعۡثِرَتۡ ٤ عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ
وَأَخَّرَتۡ ٥ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ ٦ ٱلَّذِي
خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ٧ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ٨
كَلَّا بَلۡ تُكَذِّبُونَ بِٱلدِّينِ ٩ وَإِنَّ عَلَيۡكُمۡ لَحَٰفِظِينَ ١٠ كِرَامٗا
كَٰتِبِينَ ١١ يَعۡلَمُونَ مَا تَفۡعَلُونَ ١٢ إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِي نَعِيمٖ ١٣ وَإِنَّ
ٱلۡفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٖ ١٤ يَصۡلَوۡنَهَا يَوۡمَ ٱلدِّينِ ١٥ وَمَا هُمۡ عَنۡهَا بِغَآئِبِينَ
١٦ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ١٧ ثُمَّ مَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ
١٨ يَوۡمَ لَا تَمۡلِكُ نَفۡسٞ لِّنَفۡسٖ شَيۡـٔٗاۖ وَٱلۡأَمۡرُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ ١٩

٨٣ سُورَةُ المُطَفِّفِين ٣٦

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَيۡلٞ لِّلۡمُطَفِّفِينَ ١ ٱلَّذِينَ إِذَا ٱكۡتَالُواْ عَلَى ٱلنَّاسِ يَسۡتَوۡفُونَ ٢
وَإِذَا كَالُوهُمۡ أَو وَّزَنُوهُمۡ يُخۡسِرُونَ ٣ أَلَا يَظُنُّ أُوْلَٰٓئِكَ أَنَّهُم
مَّبۡعُوثُونَ ٤ لِيَوۡمٍ عَظِيمٖ ٥ يَوۡمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٦

ویستو ئارەزۆی ئێوە بەستراوە بە ویستی ئەو زاتەوە، کەواتە دەبێت چاك گەردن کەچ ببن‌و ڕاست بکەن لەگەڵیدا تا خوا یارمەتیتان بداتو سەقامگیرتان بکات لەسەر ئایین، ئەم سەرپشکیەی ئێمە بڕیارێکی ئەزەلی خودایە واتە سەرپشکییەکەمان بەلگەی سەربەخۆی بێ سنور نیە، بەلکو وەك باقی شتەکانی تر سنوری هەیە. ئەمە چاکبزانە بەسودە.

٨٢ سورەتی ئینفیتار ١٩

سورەتی (ئینفیتار) کە هەشتادودووهەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوەو نۆزدە ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزینیش هەر هەشتادودووهەمین سورەتەو پاش سورەتی (النازعات)و پێش (الانشقاق) دابەزیوە.

پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {مَن سرَّهُ أن يَنظُرَ إلى يوم القيامة كأنَّهُ رأيُ عينٍ فليَقرأ ﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ﴾و ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ﴾و ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾ / أحمد، صححه الألباني/ هەر کەسێك پێی خۆشە تەماشای ڕۆژی قیامەت بکات وەکو بە چاو ببینێت با سورەتی تەکویر وئینفتار و ئینشقاق بخوێنێت.}

بەناوی الله ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) هەر کاتێك کەئاسمان لەت بو. (٢) وە هەرکاتێك کە ئەستێرەکان هەڵوەرین.

(٣) جا هەرکاتێك کەدەریاکان تێکەڵاو بەیەك بوون‌و تەقینەوەو بوون بە ئاگر.

(٤) سا هەرکاتێکیش قەبرەکان سەروبن کران‌و خەلکەکەی ناویان زیندوکرانەوە.

(٥) ئا ئەو کاتە هەمو نەفسێك دەزانێت چی پێش خۆی خستوە لە کردەوەی چاك‌و خراپ وە چیشی بەجێهێشتوە، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ:

(٦) ئەی ئەوەی ئادەم چ شتێك بو بەهۆی ئەوەی کە تۆ لەخۆبایی ببیت لەبەرامبەری پەروەردگاری خاوەن کەرەمتەوە؟ چی بوە بەهۆی ئەوەی کە تۆ شەرم نەکەیت‌و دژایەتی بکەیت؟ کام نیعمەت لەونیعمەتانەی کە لاتە لەچاووگوێ‌و ژێری دەسکردەی خۆتەو بێ منەتیت لەو پەروەردگارە خاوەن کەرەمتە؟

(٧) کەتۆی دروستکردو ڕێك‌وپێکی کردیت‌و بالآیەکی ڕاستی پێدایت لە جوانترین وێنەداو هەمو ئەندامەکانی لەشتی بەگوێرەی پێویست‌و هاوسەنگ‌و دادگەرانە پێ بەخشیت؟

(٨) لە هەر وێنەیەکداو بە کێت بچوێنێت لە باوك‌و دایك‌و خاڵ‌و مامدا پێکی هێنایت، واتە ئەو کەسەی کە بەبێ هەڵبژاردنی تۆ بەهەر شێوەیەك کە خۆی ویستویەتی دروستی کردویت‌و بێ هەڵبژاردنی خۆت دەتمرێنێت‌و بێ هەڵبژاردنی خۆت جارێکی تر زیندوت دەکاتەوە، جا کەی ڕەوایە تۆ بۆ ئەو چەند ڕۆژەی کە بۆ

تاقیکردنەوەت سەرپشکیت پێ دراوە لەخۆت بایی ببیتو بەندایەتی ئەو پەروەردگارە نەکەیت؟!پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: { إذَا أَرَادَ اللهُ جَلَّ ذِكْرُهُ أَنْ يخَلُقَ النَّسَمَةَ فَجَامَعَ الرَّجُلُ المَرأةَ طَارَ مَاؤُهُ فِي كُلِّ عِرقٍ وَعَصَبٍ مِنهَا فَإذَا كَانَ يَوم السابع أحضَرَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ لَهُ كُلَّ عِرقٍ بَيْنَهُ وَبَينَ آدَمَ ثُمَّ قَرَأَ فِي أيِّ صُورةٍ مَا شَاءَ رَكَّبَكَ / السلسلة الصحيحة/ هەر كاتێ ئەو ﷲ یەی کە یادی بەشکۆیە ویستی کەسێك دروست بکات، ئەو کاتەی کە پیاو لەگەڵ خێزانیدا هاوجێگا دەبێت، ئاوەکەی بەهەمو رەگ‌ودەمارێکی لەشی ئافرەتەکەدا دەگەڕێت، جا کەرۆژی حەوتەمی هات خوای دەسەڵاتداری بەشکۆ هەمو رەگێك لەنێوان ئەوونادەمدا کۆدەکاتەوە، پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە﴿فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ / لەچ وێنەیەکدا ئارەزۆی لێ بێت پێکەوەی دەنێت﴾ جا چونکە زۆربەی خەڵك پەیڕەوی ئایین ناکەن‌و دژایەتی خودا دەکەن، لێرەدا بە گشتی دەفەرموێ:

(٩) بەڕاستی بیر لەو پەروەردگارە ناکەنەوە، بەڵکو باوەڕناهێنن بە ڕۆژی دوایی، بۆیە وا بە جورئەت دەبن سەبارەت بە تاوانکردن‌و دژایەتی پەروەردگار، پێغەمبەر ﷺدەفەرموێ: { يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ أَنَّى تُعْجِزُنِي ابْنَ آدَمَ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِنْ مِثْلِ هَذِهِ فَإِذَا بَلَغَتْ نَفْسُكَ هَذِهِ وَأَشَارَ إِلَى حَلْقِهِ قُلْتَ أَتَصَدَّقُ وَأَنَّى أَوَانُ الصَّدَقَةِ/ ابن ماجة، صححه الالباني/ ﷲ ی بەدەسەڵات‌و گەورە دەفەرموێ: تۆچۆن لەدەستی من دەردەچیت ئەی نەوەی ئادەم بەڕاستی من تۆم لەوێنەی ئەمە دروستکردوە،جا کاتێ کە گیانت گەیشت بەمەو هێمای کرد بۆلای قوڕگی کە دەڵێیت: من چاکە دەکەم، جا کەی ئەوە کاتی چاکە کردنە؟} جا بۆئەوەی بیربکەنەوەو واز لە سەرکەشی بهێنن،ﷲ دەفەرموێ:

(١١) بەڕاستی چاودێریکەرتان بە سەرەوەیە کە ئەوانە بەڕێزن‌و نووسەری کردارو وتارەکانی ئێوەن

(١٢) کەدەزانن بەئەو شتانەی کە ئێوە دەیکەن‌و تۆماری دەکەن لە گەورەو بچوك‌و چاك‌و خراپ،جا ئەوان بەڕێزن‌و ئێوەش ڕێزیان لێ بگرن‌و قسەو ئیشی خراپ مەکەن‌و ڕێزیان مەشکێنن، جا یەك لەو شایەتانەی ڕۆژی قیامەتیش ئەم فریشتانەن، ئەوان ئەوەی کە دەکرێت تۆماری دەکەن پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {إذَا مَرِضَ العَبْدُ قَالَ اللهُ لِلْكِرَامِ الْكَاتِبِينَ اكْتُبُوا لِعَبْدِي مِثْلَ الَّذِي كَانَ يَعْمَلُ حَتَّى أَقْبِضَهُ أَوْ أُعَافِيَهُ/صحيح الجامع / هەرکاتێك بەندەیەك نخۆش کەوت ﷲ ﷻ بەوفریشتە نوسەرە بەڕێزانە دەفەرموێ: بۆبەندەم بنوسن وەك ئەوەی کە لەپێشدا کردویەتی هەتا گیانی دەکێشم یان چاکی دەکەمەوە} ئینجا پەروەردگارمان پاداشتی چاکەکارو خراپەکار بە شێوەیەکی کورت باس دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٣) بەبێگومان چاکەکاران لەناو نازو نیعمەتدان.

(١٤) وە بێگومانیش تاوانباران لەناو دۆزەخدان.

(١٥) لەڕۆژی قیامەتدا دەچنە ناو یەوە

(١٦) وەئەوان لەو سزاو ئاگرە سەختە دوورنابن‌و هەمیشەو بێ پسانەوە لەناو ئەو سزایەدان‌و نە دەمرن‌و نە ئاسودە دەبن.

(١٧) تۆ چی دەزانی ئەو ڕۆژی دینە چییە؟ دووبارە لەبەر گەورەیی‌و سەختی ئەو ڕۆژە دەفەرموێ:

(١٨) پاشان تۆ چی دەزانی ئەو ڕۆژی دینە چییە؟ ئینجا مانای ڕۆژی دینمان بۆ دەکات‌و دەفەرموێ:

(١٩) ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە هیچ کەسێك خاوەنی هیچ شتێك نیە بۆ کەسێکی تر مەگەر ﷲ ماوە بدات‌و ڕازی بێت،هەروەك پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {يا فَاطِمَة بِنتَ مُحَمَّدٍ انقذي نَفسكِ مِن النَّارِ فإنّي واللهِ مَا أملِكُ لَكُم مِن اللهِ شَيئاً/ الشيخان/ ئەی فاتیمەی کچی محمد ﷺ خۆت بپارێزە لە ئاگر، ئەوسا بێگومان بەخوا قەسەم من خاوەنی هیچ شتێك نیم لەلایەن خواوە بۆ ئێوە} چونکە لەو ڕۆژەدا هەمو شت بە دەست خوایەو کەس توانای هیچی نیە تا ﷲ

ماوه نەدات، ئەوەی ڕاستی بێت ئەمڕۆش هەمو شت هەربە دەستی خوایە، بەڵام بەو کەمە سەرپشکیە لەخۆمان بایی بوین‌و خۆمان بە خاوەنی شت دەزانین.

(٨٣) سورەتی موتەفیفین (٣٦)

سورەتی موتەفیفین کە سورەتی هەشتاو سێ هەمین سورەتی قورئانە، لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، سی‌و شەش ئایەتە، وتراوە یەکەمین سورەتە کە لە مەدینەدا دابەزیوە.

ئیبنوعەباس دەڵێت:{ لَمَّا قَدِمَ النَّبِيُّ ﷺالْمَدِينَةَ كَانُوا مِنْ أَخْبَثِ النَّاسِ كَيْلًا فَأَنْزَلَ اللَّهُ سُبْحَانَهُ وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ فَأَحْسَنُوا الْكَيْلَ بَعْدَ ذَلِكَ/ابن ماجة، حسنه الألباني/ کاتێك پێغەمبەرمان ﷺ تەشریفی بردە مەدینە خەڵکی مەدینە لە پێوانەدا خراپترینی خەڵك بون، جا ﷲ پاك‌و بێ عەیبی بۆ ئەوزاتە سورەتی موتەفیفینی ڕەوانە کرد ئەوسا ئەوانیش پاش ئەوە لەپێوانەدا زۆر چاك بون}

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١)وای بۆ تەرازو بازان، (٢)ئەوانەی کە کاتێك بۆ خۆیانی دەکێشن بەتەواوی بەشی خۆیان وەردەگرن.

(٣) جا هەر کاتێکیش کە بۆ خەڵکی بپێون یان بۆ خەڵکی بکێشن بە سووکی‌و بە کەمی بۆیان دەکێشن‌و زیانیان لێ دەدەن، هەروەها ئەوانەکە چاکەی خەڵك بە سوك تەماشا دەکەن، بەڵام بۆ خۆیان باشی دەپێون‌و عەیبی خۆیان لا گچکەیە، بەڵام هی خەڵکیان لا گەورەیە، ئەمانەش هەر تەرازو بازن‌و کیشانەو پێوانەیان سەروخوار زۆردەکات، ئەو گەلەی کە لەکاتی کێشانەو پێوانەدا زوڵم لە خەڵك بکات، پەروەردگار لە دنیاو دوارۆژدا تۆڵەی لێدەکاتەوە، سزای دنیای ئەوەیە کە پێغەمبەرمان ﷺباسی دەکات‌و دەفەرموێ: { وَلَمْ يَنْقُصُوا الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ إِلَّا أُخِذُوا بِالسِّنِينَ وَشِدَّةِ الْمَئُونَةِ وَجَوْرِ السُّلْطَانِ عَلَيْهِمْ /ابن ماجة، صححه الألباني/ هیچ گەلێك پێوانەو کێشانەیان کەم نەکردوەتەوە، مەگەر تۆڵەیان لێ وەرگیرابێت بە بێ بارانی‌و سەختی ژیان‌و ستەمی دەسەڵاتداران بەسەریاندا}

جا زاڵبونی دەسەڵاتداری زاڵم بەسەر گەلێکدا خۆی بەڵگەیە لەسەر توڕەیی پەروەردگار لەو گەلە، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: { قالت بَنو إسرائيل يا ربِّ أنتَ في السَّماءِ ونَحن في الأرضِ فَكيف لَنا أن نَعرفَ رضاكَ وَغضبَكَ ؟ قال : إذا رَضيتُ استعملتُ عَنكم عليكم خيارَكم وإذا غَضبتُ إستعلمتُ عليكم شرارَكم/ ابن عساكر،حسنه الألباني/ بەنی ئیسرائیلی وتیان: ئەی پەروەردگارمان تۆ لەئاسمانی‌و ئێمە لەزەویداین جا چۆن بزانین بە ڕەزامەندی و توڕویی تۆ؟ فەرموی: هەرکاتێك ڕازی بم باشەکەتان دەکەم بە سەرپەرستتان و هەرکاتێکیش کە ڕقم بێت لێتان خراپترتان دەکەم بە سەر پەرستتان}ئینجا پەروەردگار هەڕەشەی دوا ڕۆژیش لە تەرازو بازان دەکات‌و دەفەرموێ:

(٤)ئایا ئەوان دڵنیا نین کە زیندو دەکرێنەوە؛

(٥)بۆ ڕۆژێکی گەورە کە ڕۆژی قیامەتە؟

(٦) ئەو ڕۆژەی کە هەمو خەڵك لە پێشگای پەروەردگاری جیهانیاندا ڕادەوستن‌و بێجگە لە کرداو وتاری چاکیان هیچی تر ناگاتە فریایان، سەبارەت بە سەختی و گەورەیی‌و پڕ مەترسی ئەو ڕۆژە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {إذا كان يوم القِيامَةِ أدنيت الشَّمس مِن العِبَاد حتَّى يَكون قيد ميل أو ميلين فَتَصْهَرُهُمْ الشَّمْسُ فَيكونون في العَرَق كَقَدر أعمَالِهم مِنهُم من يَأخذه إلى عَقِبَيْهِ وَمِنهُم من يَأخُذُهُ إلى حَقْوَيْهِ وَمِنهُم من يُلجمهُ إلجاماً / احمد ومسلم / کاتێك کەڕۆژی قیامەت هات ڕۆژ لە بەندەکانەوە بە ئەندازەی میلێك یان دوو میل نزیك دەکرێتەوە، جا ڕۆژ دەیانتوێنێتەوە ئەوسا هەمویان بەگوێرەی کردارەکانیان لەناو عارەقی خۆیاندان، هەیانە هەتا هەردوو پاژنەی گرتوەو هەیانە هەتا هەردوو ئەژنۆیەتی‌و هەیانە هەتا دوخێنگەیەتی‌و هەیانە هەتا ناو دەمی وەکو لەغاو لەغاودەکرێت بە عەرەقی خۆی}

وە ئەو ماوەیەش پەنجا هەزار ساڵ درێژەدەکێشێت وەکو لە فەرمودەی (صحيح)ی پێغەمبەرماندا ﷺ هاتوە، ئینجا خوای داناو خاوەن دەسەڵات دەفەرموێ: ﴿كَلَّآ﴾ ئەمەی باسکراو ئەوەیش کە دێت شتێکی ڕاست‌و دروستە.

كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِى سِجِّينٍ ﴿٧﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سِجِّينٌ ﴿٨﴾ كِتَٰبٌ
مَّرْقُومٌ ﴿٩﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿١١﴾
وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ ﴿١٢﴾ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ
ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٣﴾ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ كَلَّآ إِنَّهُمْ
عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا۟ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦﴾ ثُمَّ يُقَالُ
هَٰذَا ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿١٧﴾ كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْأَبْرَارِ لَفِى عِلِّيِّينَ
﴿١٨﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ ﴿١٩﴾ كِتَٰبٌ مَّرْقُومٌ ﴿٢٠﴾ يَشْهَدُهُ ٱلْمُقَرَّبُونَ
﴿٢١﴾ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿٢٢﴾ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٢٣﴾ تَعْرِفُ فِى
وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ ٱلنَّعِيمِ ﴿٢٤﴾ يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴿٢٥﴾
خِتَٰمُهُۥ مِسْكٌ ۚ وَفِى ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ ﴿٢٦﴾ وَمِزَاجُهُۥ
مِن تَسْنِيمٍ ﴿٢٧﴾ عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿٢٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
أَجْرَمُوا۟ كَانُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَضْحَكُونَ ﴿٢٩﴾ وَإِذَا مَرُّوا۟ بِهِمْ
يَتَغَامَزُونَ ﴿٣٠﴾ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمُ ٱنقَلَبُوا۟ فَكِهِينَ ﴿٣١﴾
وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوٓا۟ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ ﴿٣٢﴾ وَمَآ أُرْسِلُوا۟ عَلَيْهِمْ
حَٰفِظِينَ ﴿٣٣﴾ فَٱلْيَوْمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنَ ٱلْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ ﴿٣٤﴾

(٧) بێگومان کەنامەی کرداری خراپەکاران لەناو (سجين)دایە. ئینجا دەفەرموێ:

(٨) چی شتێك تۆی تێگەیاندوە کە سجین چییە؟ واتە: شتێکی زۆر گەورەو گرنگە، هەندێك دەڵێن: لەژێر حەوتەمین تەبەقی زەویدایە. ئینجا باس لەو سجینە دەکاتو دەفەرموێ:

(٩) پەرتوکێکە کە دیاریکراوەو ژمارەو نیشانەی لەسەرەو هەمو تۆمارکراوە، جا کەس بۆی نیە کە گۆڕانکاری تێدا بکات.

(١٠) وای، واوەیلایە لەو ڕۆژەدا بۆ بێ باوەڕان.

(١١) ئەوانەی کە باوەڕ ناکەن بە ڕۆژی قیامەتو بە شتێکی پروپووچ یان شتێکی دووری دەزانن، ئینجا خوای دانا پێناسەی ئەو بێ باوەڕانەش دەکاتو دەفەرموێ:

(١٢) خۆ بێ باوەڕ نابێت بەو ڕۆژە بێجگە لە هەمو دەستدرێژکەرێك بۆ سەر ماڵو گیانو ناموسی خەڵكو تاوانبارێك لە وتارو نیەتی خراپدا واتە: مرۆڤی ڕەوشت بەرزو چاکەکارو نیەت پاك هەرگیز بێ باوەڕ نابێت بەو ڕۆژە.

(١٣) جا ئەو مرۆڤە پەستە هەر کاتێك نیشانەکانی ئێمەی بەسەردا بخوێنرێتەوە دەڵێت : ئەوە داستانو قسەی پروپووچی پێشوانە.

(١٤) وانیە کە ئەو دەڵێت بەڵکو ئەو وتارو کردارە ناپەسەندانەی کە کردویانە دڵی ئەوانی داپۆشیوەو زاڵ بوە بەسەریدا، چونکە هەر تاوانێك ئەگەر تەوبەی لێ نەکرێت دەبێت بە خاڵێکی ڕەشو دڵ دادەپۆشێت وەکو لە فەرمودەی پێغەمبەرماندا ﷺ هاتووە کە دەفەرموێ:{إنَّ العبدَ إذا اذنب ذنباً كانت نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ في قلبهِ فإن تابَ مِنها صُقِلَ قلبُهُ وإن زادَ زادَت فذلك قول الله ﴿كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ (الترمذي،صححه الألباني) بەڕاستی بەندەی خوا هەر کاتێك تاوانێکی کرد ئەوتاوانەدەبێت بە خاڵێکی ڕەش لەسەر دڵیدا، جا ئەگەر پەشیمان بویەوە لێی دڵی پاك دەبێتەوە، وە ئەگەر زیاتری کرد ئەو خاڵەش زیاتر دەبێت، جا ئەوەیە فەرمودەی خوا: ﴿وانیە کە ئەو دەڵێت بەڵکو ئەوەی کە کردویانە دڵی ئەوانی داپۆشیوە﴾}. ئینجا خوا دەفەرموێ:

(١٥) با ئەوان دڵنیابن کە بەڕاستی لە ڕۆژی قیامەتدا لە بینینی پەروەردگاری خۆیان بەرگری دەکرێنو نایبینن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خاوەن باوەڕان پەروەردگاری خۆیان دەبینن، چونکە خوا لۆمەی بێ باوەڕان دەکاتو وەکو سزایەك دەفەرموێ: (پەروەردگاریان نابینن) جا ئەگەر خاوەن باوەڕانیش نەیبینن ئیتر تەنیا بۆ ئەوان باس دەکات؟ واتە مەفهومی ئەم ئایەتە دەبێت بە چەسپێنەری مەنتوقی ئایەتەکانی سورەتی قیامە کە دەفەرموێ: ﴿چەند ڕوو و دەمو چاوێك هەن کە لە ڕۆژی قیامەتدا دەدرەوشێتەوە،چونکە تەماشای پەروەردگاری خۆیان دەکەن﴾. هەروەها چەندین فەرمودەی ڕاستی "متواتر" هەن کە خوای گەورە هەم لە مەیدانی مەحشەرداو هەم لەناو باخو بێستانی بەهەشتدا دەبینرێت، (بەوشێوەی کەخۆی دەزانێت و لەموتەشابیهاتەو باوەڕمان

پێی هەیە وەك هاتووەو پرسیار ناكەین لەبارەیەوە) ئینجا ئەو بێ باوەڕانە ڕاپێچ دەكرێن بۆ دۆزەخ بەڵام ئەوەندە پەستو بێ هێزو لاوازن لە بەردەستی مەئمورانی دۆزەخدا وەكو ئەوە وایە كە خۆیان بچنە دۆزەخەوە، بۆیە دەفەرموێ:

(١٦) لەپاشان خاوەنی ئەو دڵانە دەچنە ناو دۆزەخەوە

(١٧) پاشان پێیان دەوترێت : ئەمە ئەو شتەبو كە ئێوە باوەڕتان پێ نەدەكرد، ئا بەم شێوەیە سەرەڕای سزاو تۆڵەی سەختیان تانەو تەشەریشیان لێ دەدرێت، چونكە ئەوان لە دنیادا بێجگە لەوەی كە ناڕەحەتیو ئێشو ئازاریان بۆ موسڵمانان دروست دەكرد تانەو تەشەریشیان لێ دەدان، جا هەروا لە ڕۆژی قیامەتدا بە وێنەی ڕەفتاری خۆیانیان لەگەڵدا دەكرێت. بەڵام لە ناڕەحەتیو سەختیدا وێنەی نیە، وەكو لە سورەتی (الفجر) ئایەتی بیست وپێنجو بیستو شەشدا دەفەرموێ: ﴿ئەو ڕۆژە هیچ كەسێك كەسێك سزا نادات وەكو سزای ئەو، وەهیچ كەسێك كەسێك نابەستێتەوە وەكو بەستنەوەی ئەو﴾. ئینجا با خاوەن باوەڕان بەگشتیو بازاڕیان بەتایبەت زیاتر وریای خۆیان بنو خۆیان لە ترازوبازی بپارێزن، چونكە تاوانەكەی هەمو كونوقوژبنێكی ژیان دەگرێتەوەو سزای توندی دوارۆژیشی بەشوێنەوەیە، ئینجا هەروەك باوی قورئانە كە باسی خراپانی كرد دێتە سەرباسی چاكانو دەفەرموێ:

(١٨) بەڕاستیو بێگومان ئەمەی كە باسی دەكرێت ڕاستو بەجێیە كە بەڕاستی نامەی چاكەكاران وا لەناو (عِلِّيِّينَ)دا.

(١٩) جا تۆ چیت پێ وتراوە لەبارەی عیلیندا؟ واتە: شتێكی زۆر گەورەو بەڕێزەو لە بێخی عەرشو لەسەر ئاسمانەكانەوەیە.

(٢٠) ئەو پەڕاوەی چاكەكاران پەڕاوێكی دیاریكراوو ژمارە لێدراوەو ناگۆڕێتو زیاد و كەمی لێ ناكرێت، لاكو مۆركراوەو هیچ كەسێك ناتوانێت دەستكاری بكات.

(٢١) ئەو فریشتە زۆر بەڕێزو نزیكانەی خوا لەلای دا ئامادەنو ئاگایان لێیەتیو شایەتی دەدەن لەسەر ڕاستیو دروستیو پاكیو چاكی ئەو تۆماركراوە. بەرائی كوڕی عازیب دەڵێت: تەرمی یەكێك لەپیاوانی ئەنصارمان لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ برد بۆ گۆرستان كاتێك خرایە ناو گۆڕەوە، پێغەمبەر ﷺ دانیشتو ئێمەش هەمومان بێدەنگ دانیشتین، جا پێغەمبەرﷺ باسی چۆنیەتی سەرەمەرگی كافرو باوەڕداری كرد بۆ یارەكانی، ئەوسا لە باسی رۆحی باوەڕداردا فەرموی: {فَيَصْعَدُونَ بِهَا فَلَا يَمُرُّونَ يَعْنِي بِهَا عَلَى مَلَإٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ إِلَّا قَالُوا مَا هَذَا الرُّوحُ الطَّيِّبُ فَيَقُولُونَ فُلَانُ بْنُ فُلَانٍ بِأَحْسَنِ أَسْمَائِهِ الَّتِي كَانُوا يُسَمُّونَهُ بِهَا فِي الدُّنْيَا حَتَّى يَنْتَهُوا بِهَا إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا فَيَسْتَفْتِحُونَ لَهُ فَيُفْتَحُ لَهُمْ فَيُشَيِّعُهُ مِنْ كُلِّ سَمَاءٍ مُقَرَّبُوهَا إِلَى السَّمَاءِ الَّتِي تَلِيهَا حَتَّى يُنْتَهَى بِهِ إِلَى السَّمَاءِ السَّابِعَةِ فَيَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ اكْتُبُوا كِتَابَ عَبْدِي فِي عِلِّيِّينَ وَأَعِيدُوهُ إِلَى الْأَرْضِ فَإِنِّي مِنْهَا خَلَقْتُهُمْ وَفِيهَا أُعِيدُهُمْ وَمِنْهَا أُخْرِجُهُمْ تَارَةً أُخْرَى/ جا بەرزی دەكەنەوەو بەلای هیچ كۆمەڵە فریشتەیەكدا ناڕۆن مەگەر پرسیار بكەنو بڵێن:ئەم رۆحە پاكە كێیە؟ جافریشتەكانی هاوڕێی دەڵێن: رۆحی فلانی كوڕی فلانە، بەجوانترین ناوێك كەلەدنیادا ناویان دەبرد هەتا دەیگەیەننە ئاسمانی دنیا، ئەوسا داوای كردنەوەی ئاسمانی بۆدەكەن، جابۆیان دەكرێتەوە ئەوسافریشتە پایەبەرزەكانی هەمو ئاسمانێك بەرێی دەكەون، تا دەیگەیەننە ئاسمانی سەرخۆیان هەتا دەگەیەنرێتە ئاسمانی حەوتەم، لەوێدا خوای دەسەڵاتداری گەورە دەفەرموێ:نامەی بەندەم لە علیین دا تۆمار بكەن و بیگەڕێننەوە بۆ زەوی چونكە بەراستی من ئەوانم لەو دروستكردوەو بۆ ناو ئەو دەیانگێڕمەوەو لەوەوە جارێكی تر دەریان دەهێنمەوە}

پاشان پێغەمبەر ﷺ لەباسی رۆحی بێ باوەڕدار فەرموی: {فَيَصْعَدُونَ بِهَا فَلَا يَمُرُّونَ بِهَا عَلَى مَلَإٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ إِلَّا قَالُوا مَا هَذَا الرُّوحُ الْخَبِيثُ فَيَقُولُونَ فُلَانُ بْنُ فُلَانٍ بِأَقْبَحِ أَسْمَائِهِ الَّتِي كَانَ يُسَمَّى بِهَا فِي الدُّنْيَا حَتَّى يُنْتَهَى بِهِ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا فَيُسْتَفْتَحُ لَهُ فَلَا يُفْتَحُ لَهُ ثُمَّ قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ فَيَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ اكْتُبُوا كِتَابَهُ فِي سِجِّينٍ فِي الْأَرْضِ السُّفْلَى فَتُطْرَحُ رُوحُهُ طَرْحًا ثُمَّ قَرَأَ وَمَنْ

يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ /أحمد، صححه الألباني/ جا بەرزی دەکەنەوەو بەلای هیچ کۆمەڵە فریشتەیەکدا ناڕۆن مەگەر پرسیار بکەنو بڵێن: ئەم ڕۆحە پیسە کێیە؟جا فریشتەکانی هاوڕێی دەڵێن: ڕۆحی فلانی کوڕی فلانە، بە ناشیرنترین ناوێك کە لە دنیادا ناویان دەبرد، هەتا دەیگەیەننە ئاسمانی دنیا، ئەوسا داوای کردنەوەی ئاسمانی بۆدەکەن، جا بۆی ناکرێتەوە، لە پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە﴿ کەدەرگای ئاسمانیان بۆناکرێتەوەو ناچنە بەهەشتەوە هەتا حوشتر بەکونی دەرزیدا نەچێت﴾ ئەعراف / چل/ جا خوای دەسەڵاتداری گەورە دەفەرموێ: نامەکەی لەسجین دا تۆمار بکەن لەلاخوارترین زەویدا، ئەوسا گیانەکەی فڕەدەرێت چۆن فڕەدانێك لە پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە:﴿هەرکەسێك هاوبەش دابنێت بۆ ﷲ وەکو ئەوە وایە کە لە ئاسمانەوە بکەوێتە خوارەوەو باڵندەکان پەلاماری بدەنیٚوگاڵ گاڵی بکەن یان با فڕەی بداتە جێگایەکی دورەوە کە نەدۆزرێتەوە﴾حەج/سی ویەك.

(٢٢) بەڕاستی چاکەکاران وان لەناو نازو نیعمەتێکی گەورەدا

(٢٣) کە لە سەر تەختو کورسیە بەنرخەکان دانو تەماشای ئەو هەمو نازو نیعمەتانەی خوا دەکەن کە بەوانی بەخشیوە، لە هەمویان گرنگتر تەماشای خوای گەورە دەکەن کە بێ باوەڕان لەو نیعمەتە بێوەرین.

(٢٤) هەر کاتێك تەماشایان بکەیت بەڵگەی شادمانیو خۆشی لە ناو چاویاندا دەبینیت، ئەوەندە جێگایان خۆشەو دڵیان گەشەو بیریان ئارامە.

(٢٥) کە شەرابی بەهەشتیان پێ دەدرێت ئەو شەرابەی کە نە دوچاری سەرئێشە دەبنو نە بێهۆش دەبنو نە کەف بەدەمو لێویاندا دێتەخوارەوە.

(٢٦) دوا تامەکەی میسکەو بە میسك مۆرکراوە، جا با کێبەرکێکەران بۆ ئەوە کێبەرکێ بکەن. ئینجا دەچێتەوە سەر باسی شەرابەکەو دەفەرموێت

(٢٧) جا تێکەڵاوی ئەو شەرابەیە بەشێك لە تەسنیم، تەسنیم بەنرخترینو چاکترین خواردنەوەی بەهەشتە، بۆیە دەفەرموێ ئەو تەسنیمە

(٢٨) چاوگەیەکەو خەڵاتی خاوەن باوەڕە پایە بەرزەکانە کە لەو دەخۆنەوە، بەڵام بە تێکەڵاوی شەرابی تر دەدرێت بە خاوەن باوەڕانی دەستە ڕاست (أصحاب اليمين) ئەمە قسەی ئیبنو عەباسو ئیبنو مەسعودو مەسروقو قەتادەو بێجگە لەوانیشە، خوای گەورە پاش ئەوەی دەنگ و باسێکی دۆزەخو دۆزەخیانو بەهەشتو بەهەشتیانی دا بەگوێی بیسەراندا، وا جارێکی تر دەمانهێنێتەوە بۆدنیاو بۆ بیستنی ڕەفتاری ناشیرینی تاوانباران و دەفەرموێ:

(٢٩) بێگومان ئەوانەی کە تاوانکاریان دەکرد، لەو کەسانە بوون کە هەمیشە گاڵتەیان دەکرد بە باوەڕداران و پێیان پێدەکەنینو گاڵتەیان پێدەکردن.

(٣٠) جا هەر کاتێك بیاندایە بەلای خاوەن باوەڕاندا برۆو چاویان لێ هەڵدەقرتاننو بە شێوەیەکی ناشیرین تەماشایان دەکردنو تانەو تەشەریان لێ دەدان.

(٣١) خۆ هەر کاتێکیش کە دەگەڕانەوە بۆ ناو ماڵو منداڵی خۆیان شانازیان دەکرد بەو تانەو تەشەرانەی کە دەیاندا لە خاوەن باوەڕان. وشەی (فَكِهِينَ) بە (فَاكِهِينَ)ش خوێنراوەتەوە واتە کاتێك کەدەگەڕانەوە بۆ ناو ماڵو منداڵو خێزانی خۆیان چیان داوابکردایە دەستیان دەکەوت ئەوەندە سەروەتو سامانیان هەبو، جا لەباتی شوکری خواو پەیڕەوی پێغەمبەرەکەی ﷺ دژایەتی خواو پێغەمبەر ﷺ و باوەڕدارانی ڕاستەقینەیان دەکردو خۆیان بە ڕاست دەزانی وەك دەفەرموێ:

(٣٢) جا هەر کاتێك ئەوان باوەڕدارانیان دەبینی دەیان وت: بەڕاستی ئەوانە سەرلێشێواوو گومڕان، بەڕاستی ئەم وەسفەی ناپاکانو تاوانبارانو بێ باوەڕان وەسفێکی کۆنیانەو هەمیشە هەر بوەو هەر دەبێت، ئەوەتا ئەمڕۆ هەمو کارێکی دژی پاك داوێنی وەك نێربازیو زینا بە شتێکی شارستانی و پێشکەوتن دادەنێن، بەڵام داپۆشینی

ئافرەت‌وپاك داوێنی بە دواكەوتن‌و كۆنەپەرستی دادەنێن! شەڕ لەسەر زمان‌و خاك بە مافی مرۆڤی دادەنێن، بەڵام شەڕ لەسەر بیروباوەڕ بون بە خوا بە تۆقێنەرو كۆنەپەرستی‌و نەزانی ناودەبەن، بەڕاستی گەلێكی چەواشەو لاسارن بە ئازادی‌و دیموكراتی گوێی عالەم كەڕ دەكەن، بەڵام نابێت خەڵكی تر ئەگەر لەبەرژەوەندی ئەواندا نەبێت ڕەئی هەبێت‌و بتوانێت قسە بكات؟! بەڕاستی ئەمانە دژی هەمو باو و نەریتێكی چاكن، بەڵكو بە پێچەوانەوە بڵاوكەرەوەی هەمو باوو ڕەوشتێكی دژی مرۆڤ و ڕەوشت‌و خواناسین، بەڵام ئەم سوك تەماشاكردن‌و گاڵتە كردن بە باوەڕداران نابێت ببێت بە هۆكارێك بۆئەوەی كە باوەڕدار ڕێی لێ ون ببێت‌و هەست بەكەمی‌و سەرشۆڕی خۆی بكات چونكە باوەڕدار پێی وایە كەپێوەری حەق‌و ناحەقی یان ڕاستی‌و ناراستی قسەی خەڵك نیە بەڵكو ئەوەی كەﷲو پێغەمبەرەكەی بە ڕاستیانداناوە هەر ئەوە حەقەو لە پاش حەقیش جگە لە گومڕایی وناحەقی شتێكی تر نیە،جا باوەڕدار دڵنیایە كە پەروەردگاری هەمو بونەوەری لەگەڵدایە، با هەمو بونەوەریش گاڵتەی پێبكەن، بەڵكو باوەڕی وایە ئەگەر كەسێك شیاوی گاڵتە پێكردن بێت ئەوە ئەو بێ‌باوەڕانەیە كە دژ بە پەروەردگاری خویان ڕاوەستان‌و دەیانەوێ ململانێ لە گەڵ ئەو زاتە باڵادەستەدا بكەن؟! جا چۆن باوەڕدار ئیتر خۆی بە خاوەن عیزەت‌و گەورە نەزانێت، یارانی پێغەمبەر ﷺ كاتێك كەئیمان لە ناو دڵكانیاندا چەسپا زلهێزانی ئەو كاتەیان لا گچكە بویەوە، دەبینین لە شەڕی قادسیەدا پێش ئەوەی كە شەڕەكە دەست پێبكات، فارسەكان داوایان كرد لە سوپای موسڵمانان كە نوێنەریكیان بۆ ڕەوانە بكەن تا لەگەڵیدا وتووێژ بكەن،جا سەعدی كوڕی ئەبی وەقاص، یەكێك لە یارەكان بەناوی ڕیبعی كوڕی عامیری بۆ ڕەوانەكردن، ڕیبعی بە جلێكی سادەوەو لەسەر ئەسپەكەی ڕۆیشت بۆلای ڕۆستەم كە فرماندەی سوپای فارسەكان بو، كە لەشوێنی تایبەتی خۆیدا بو كە هەمو جۆرە ڕازاوەیەكی تێدا بو كاتێك گەیشتە لایان ویستی بچێتە ژورەوە بۆلای ڕۆستەم، پاسەوانەكانی ئیزنیان پێنەداو وتیان: دەبێ چەكە كەت لەگەڵ خۆتدا نەبەیت، ئەویش وتی:{ إنّي لَمْ آتكُمْ، وَإنَّما جِئْتُكُمْ حِينَ دَعَوْتُمُوني، فَإنْ تَرَكْتُمُوني هَكَذا وَإلاَّ رَجَعْتُ/ من خۆم بۆ خۆم نەهاتوم من پاش ئەوەی كە ئێوە دەواتان لێكردوم هاتوم،جا ئەگەر دەهێڵن ئاوا دەچمەژورەوە ئەگینا دەگەڕێمەوە، جا ڕۆستەم وتی: ئیزنی پێبدەن، پاشان چوە ژورەوە ئینجا خۆی دا بە ملی نێزەكەیدا، ئەوسا ڕۆستەم پرسیاری لێكرد : كە چی ئێوەی هێناوە بۆ ئێرە؟ جا ئەویش وتی: بێگومان ﷲ ئێمەی ناردوە تا ئەوكەسەی كە ئارەزۆی لێ بێت ڕزگاری بكەین لەبەندایەتی بەندەكان بۆ بەندایەتی ﷲ بەتەنهایی، لەتەنگی دنیا بۆ فرەوانی دوارۆژ و لەستەمی ئایینەكان بۆ دادپەروەری ئیسلام} دوای بیستینی قسە كانی ڕیبعی، ڕۆستەم دەوای لێكرد كە ماوەیەكیان پێبدات ئەویش وتی: تا سێ ڕۆژ دەتوانین ماوەت پێبدەین، جا ڕۆستم لێی پرسی بۆ مەگەر تۆ سەرۆكی موسڵمانانی؟ ئەویش وتی:{ نەخێر، بەڵام موسڵمانان وەكو یەك لەشن كە كەمترین كەسیان دەتوانێت پەنا بدات بەسەر پایە بەرزترینیاندا} / البداية والنهاية/ بەڵی باوەڕدار هەمو كات سیقەی تەوای بە بیروبۆچونی خۆی هەیەو شانازی پێوەدەكات‌و بەو پەڕی شانازییەوە دەڵێت: من موسڵمانم‌و هەست بە سوكی‌و سەرشۆڕی ناكات با ڕوبەڕوی زلهێزانیش بێت.

(٣٣) لەحاڵێكدا كە ئەوانە ڕەوانە نەكراون بۆ سەر باوەڕداران‌و چاودێری باوەڕداران نین و ئامۆژگاری باوەڕداران بەوان نەسپێرراوە، واتە ئەو تاوانبارانە ئاوا چاوەدێری باوەڕداران دەكەن، وەك ئەوەی كەهیچ ئیش‌و ئەركێكیان جگەلەوە نیەو بە خۆیان ئەو مافە دەدەن كە چی بڵێن‌و چی بكەن، ئینجا قورئان هەر زۆر بەزوویی دوای ئەو قسە ناپەسەندەی تاوانباران سەبارەت بە باوەڕداران كردیان ئەمانباتەوە بۆ ماڵی هەتا هەتایی‌و دیمەنی خاوەن باوەڕو تاوانبارانمان دەخاتە پێش چاوو دەفەرموێ:

(٣٤) جا ئا ئەمڕۆ (ئەو ڕۆژە گەورەیەی كەهەمو كەس دەبێ زیندو ببێتەوەو لەبەردەم دادگای خوادا بوەستێت‌و دادگایی بكرێت) ئەو ڕۆژە ئەوانەی كە باوەڕیان هێنابو بە بێ باوەڕان‌و دەستەپاچەیی‌و سزای ناشیرینیان پێ دەكەنن لە كاتێكدا كە باوەڕداران

عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٣٥﴾ هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٣٦﴾

سُورَةُ الانشِقَاقِ ٨٤ — ٢٥

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ ﴿١﴾ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلۡأَرۡضُ مُدَّتۡ
﴿٣﴾ وَأَلۡقَتۡ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتۡ ﴿٤﴾ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ﴿٥﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ ﴿٦﴾ فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ
كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ﴿٧﴾ فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابٗا يَسِيرٗا ﴿٨﴾ وَيَنقَلِبُ
إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورٗا ﴿٩﴾ وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهۡرِهِۦ ﴿١٠﴾ فَسَوۡفَ
يَدۡعُواْ ثُبُورٗا ﴿١١﴾ وَيَصۡلَىٰ سَعِيرًا ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ كَانَ فِيٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورًا ﴿١٣﴾
إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ ﴿١٤﴾ بَلَىٰٓۚ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرٗا ﴿١٥﴾ فَلَآ أُقۡسِمُ
بِٱلشَّفَقِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيۡلِ وَمَا وَسَقَ ﴿١٧﴾ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ﴿١٨﴾
لَتَرۡكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٖ ﴿١٩﴾ فَمَا لَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٢٠﴾ وَإِذَا قُرِئَ
عَلَيۡهِمُ ٱلۡقُرۡءَانُ لَا يَسۡجُدُونَۤ۩ ﴿٢١﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُكَذِّبُونَ
﴿٢٢﴾ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُوعُونَ ﴿٢٣﴾ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢٤﴾
إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونِۭ ﴿٢٥﴾

(٣٥) لەسەر تەختی ڕازاوەن‌و شادمان‌و دڵخۆشن‌و تەماشا دەکەن، هەروەکو چۆن ئەوان لە دنیادا لەناو نازو نیعمەتدا بون‌و گاڵتەیان بە باوەڕداران‌و ژیان‌و گوزەرانیان دەکرد، ئینجا دەفەرموێ:

(٣٦) ئایا کافران پاداشت نەدرانەوە لەسەر ئەو تاوانانەی کە کردیان دژ بەخاوەن باوەڕان؟ بەڕاستی توندترو سەخت تر لەوەی کە کردیان تۆڵەیان لێ سەنرایەوە.

سورەتی ئینشقاق ٨٤ — ٢٥

سورەتی ئینشقاق کە سورەتی هەشتاو چوارەمی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، بیست‌و پێنج ئایەتە،وتراوە بەگوێرەی دابەزین هەشتاو سێ هەمین سورەتەو پاش سورەتی (الانفطار)و پێش (الروم) دابەزیوە، لە ئەبو ڕافیعەوە هاتوە کە دەڵێت: نوێژی عیشام لەگەڵ ئەبو هورەیرەدا کرد کە ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾ی خوێندو سوجدەی برد پێم وت: کە تۆ سوجدەت برد؟ ئەویش وتی: {سَجَدْتُ خَلْفَ أَبِي الْقَاسِمِ ﷺ فَلَا أَزَالُ أَسْجُدُ بِهَا حَتَّى أَلْقَاهُ / البخاري/ سوجدەم بردوە لە پشت ئەبوقاسمەوە ﷺ و هەر سوجدە دەبەم لەو سورەتەدا هەتا دەگەمەوە خزمەتی} لە ڕیوایەتێکی تردا کە موسلم‌و ئەبوداودو نەسائی دەگێڕنەوە لە ئەبوهورەیرەوە دەڵێت: {سَجَدْنَا مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ فِي ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾ و ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ﴾ سوجدەمان برد لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ لەکاتی خوێندنی سورەتی ئینشقاق‌و عەلەقدا}.

بەناوی اللهی زۆر بە سۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) هەر کاتێك ئاسمان لەت بو، جا ئەم لەتبونە چۆنیەتەکەی ڕوون نەکراوەتەوە پێویستە کەئێمە باوەڕمان بە لەتبونەکەی ببێت‌و واز لە چۆنیەتی لەتبونەکەی بهێنین، ئاسمان لەت دەبێت، چونکە فرمانی اللهیەو ئەویش وەکو باقی دروستکراوەکانی الله فەرمانبەردارە،وەك دەفەرموێ:

(٢) جا ئەویش گوێڕایەڵی فرمانی پەروەردگاریەتی‌و پێویستکراوە لەسەری کە گوێڕایەڵ‌و فەرمانبەردار بێت، چونکە پەروەردگار گەورەیەکی وایە کە هیچ کەس توانایی بەرگری فرمانەکانی ئەوی پێ ناکرێت، بەڵکو ئەو بەسەر هەمو شتێکدا دەسەڵاتدارەو خاوەنی هێزی بێ سنوورە، کەواتە مافی خۆیەتی ئاسمان گوێڕایەڵ‌و فەرمانبەرداری بێت. ئینجا باسی ڕووداوێکی تری گرنگی کاتی هاتنی دوارۆژ دەکات‌و دەفەرموێ:

(٣) جا هەر کاتێك زەوی ڕاکێشراو بەرزو نزمی‌و چاڵ‌و چۆڵی تێدانەما،وەکو لە سورەتی (تاها/سەدوحەوت) دا دەفەرموێ: ﴿تۆ نابینیت کەبەرزی‌و نزمیەك لەو زەویەدا هەبێت﴾. ئینجا دەفەرموێت

(٤) جا فڕەی دا ئەوەی کە تێیدایەو خۆی خاڵی کرد. واتە: هەمو مردوەکانی فڕەدایە دەرو زیندوکرانەوە، لێرەدا باس ناکات کە پاش ئەوە چی ڕوودەدات بۆ مرۆڤ، بەڵام لە سورەتی تەکویرو ئینفیتاردا دەفەرموێ:﴿هەموکەسێك دەزانێت چی ئامادە کردوە﴾ تەکویر/ چواردە. وە﴿هەمو کەسێك دەزانێت چی پێش خستوەو چی دواخستوە﴾ ئینفیتار/پێنج . دیسان دەفەرموێ:

(٥) وە ئەویش گوێڕایەڵی فەرمانی پەروەردگاریەتی وپێویستکراوە لەسەری کە گوێڕایەڵ‌و فەرمانبەردار بێت.

(٦) ئەی مرۆڤ بێگومان کە تۆ زەحمەتی خۆت دەدەیتو کۆششی زۆر دەکەیتو هەمیشە ماندویت بە ماندوبونێکی فرەوانو شەوو ڕۆژ بەدەم یەکەوە دەدەیت تا دەگەیتە پەروەردگارت،واتە تۆ تا دەمریت هەر خەریکی کارو کۆششیت، سەرئەنجام بەو کارو کۆششتەوە بە خوای خۆت دەگەیتو پاداشت یان سزای خۆت وەردەگریت.وەك دەفەرموێ:

(٧) جا ئەو کەسەی کاری چاکی ئەنجامداوە لە دنیادا بە دەستی ڕاستی نامەی کردارەکانی پێ دەدرێت،

(٨) ئە وسا بەدوای ئەوەدا چەنو چونیەکی ئاسانی لەگەڵدا دەکرێت.

(٩) جا زۆر بە شادمانیو دڵخۆشیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناو خاوخێزانی لە بەهەشتدا، تەنانەت لە خۆشیدا ڕزگاربونی خۆیشی بەناو خەڵکدا جاڕدەدات وەك لە سورەتی حاقە/نۆزدە تا بیستوچواردا باسی کرد. پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی مشتومڕی ڕۆژی قیامەتەوە فەرموی:{ مَنْ حُوسِبَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عُذِّبَ قَالَتْ عَائِشَةُ أَوَ لَيْسَ يَقُولُ اللَّهُ ﴿فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا﴾ قَالَ لَيْسَ ذَلِكَ بِالْحِسَابِ إِنَّمَا ذَلِكَ الْعَرْضُ وَلَكِنْ مَنْ نُوقِشَ الْحِسَابَ يَهْلِكْ(الجامع الصغير وصححه الألباني) هەرکەس لەرۆژی قیامەتدا لێپیچنەوەی لەگەڵدا بکرێت سزادەدرێت،خاتون عائیشە وتی: ئەی خوا نافەرموێ:﴿جا بەدوای ئەوەدا بگرەو بەردەیەکی ئاسانی لەگەڵدا دەکرێت ﴾فەرموی: ئەوەحیسابکردن نیە ئەوە هەر پیشاندانێکە، بەڵام هەر کەسێك چەندو چونی لەگەڵدا بکرێت دەفەوتێت}وەبە پێچەوانەوەی چاکانەوە، ئەوانەی کە لە دنیادا بێ باوەڕبونو هەمیشە سەرگەرمی تاوانو خراپە بوون زۆر بە شێوەیەکی سەخت نوسراوەکەی خۆیانیان بەدەست دەگات وەك دەفەرموێ:

(١٠) بەڵام ئەو کەسەی کە نامەی کردەوەکانی لە پشتیەوە پێ درا، لە سورەتی حاقەدا فەرموی: نامەی بەلای چەپدا پێ دەدرێت، وامەزانە کە سێ تاقمن ئێرەو ئەوێ زیاتر ڕۆشنکەرەوەی یەکترن، چونکە بێ باوەڕانو تاوانباران دەستیان لە پشتەوە بەستراوە، کەواتە لە پشتەوە دەدرێتە دەستی چەپیان.

(١١) ئەوسا ئیتر ئەو تاوانبارە زۆر بەزوویی هاواری مردنو نەمان دەکات بۆ خۆی، بەڵام هیچ سودی پێ نادات بەڵکو فریشتەکان گاڵتەیان پێ دەکەنو دەڵێن:﴿داوای یەك لەناوچون مەکەن بەڵکو داوای لەناوچونی زۆربکەن﴾ فورقان:چوارده . جا ئەم تاوانبارانە پاش ئەوەی کە نامەی کرداری خۆیانیان بەو شێوەیە وەرگرت خوا دەفەرموێ:

(١٢) دەخرێتە ناو دۆزەخەوە کە خاوەنی ئاگری بڵێسەدارە. ئینجا خوای گەورە پێناسەی ئەو تاوانبارانە دەکاتو ئیشەکانی دنیایان دێنێتە بەر چاو تا خەڵکی پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرنو تەماشای خۆیان بکەنو بزانن ئایا لەو وەسفە خراپانەیان تێدانیە؟ جا ئەگەر تێیاندا هەیە پێش ئەوەی بگەن بە ڕۆژێکی ئاوا سەختو بێ دەرفەت وازی لێ بهێننو جێگای بە ئیشی چاك پڕ بکەنەوە، ئەمەش ئەو وەسفانەیە کە دەفەرموێ:

(١٣) ئەو تاوانبارە لە دنیادا لەناو خاوخێزانی خۆیدا شادمانو دڵخۆشبوە بەو تاوانو خراپانەی کە دەیکردن، وە ژیانی خۆشو نیعمەتی فرەوانی پێدرابو،

(١٤) بەبێگومان کەئەو گومانی دەکرد کە ناگەڕێتەوەو زیندو نابێتەوەو بگرەو بەردەی لەگەڵدا ناکرێتو کەس نیە ئاگای لەو بێتو تاوانەکانی تۆمار بکات، بۆیە خوا دەفەرموێ:

(١٥) وانیە کە ئەو گومان دەکات بەڕاستی پەروەردگاری ئەو چاوی لەوەو کردارەکانی دەبینێت. ئینجا خوای گەورە سوێند بە سێ شت دەخوات کە گەورەترین بەڵگەن لەسەر دەسەڵاتو دانایيو زانایی خوا، یەکەمیان:

(١٦) سوێند بەو سورایيەی کە پاش مەغریب دەست پێ دەکاتو بە هاتنی کاتی عیشا کۆتایی دێت، دووهەمیان دەفەرموێ:

(١٧) وە سوێندیش بە شەوو ئەوەی کە شەو کۆی دەکاتەوە هەر لە کۆکردنەوەی ڕووناکی ڕۆژ هەتا کۆکردنەوەو

گەڕاندنەوەی هەمو گیانلەبەرێك بۆ جێگای حەوانەوەی خۆی، سێهەمیان دەفەرموێ :

(١٨) جا سوێند بە مانگیش کاتێك کە کۆدەبێتەوەو بە تەواوی پڕ دەبێت وەکو مانگی چواردەو پانزە، لەڕاستیدا ئەمانە لەلای هۆشیاران چەندین بەڵگەی ئاشکراو ڕونن لەسەر دانایی‌و زانایی‌و دەسەڵاتی بێ سنوری خوا، لە ڕاستیدا بەم ئالوگۆڕکردنە کۆتایی بە تەمەنی گیانلەبەرو جیهان دێت، واتە تۆ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئەی مرۆڤ ئەم شتانە بە چاوی خۆت دەبینیت‌و پەیدابونی ئەمانە بە شێوەیەکی ڕێك‌و پێك‌و بێ وەستان بەڵگەی ئاوابونی ئارەزۆ و ئاواتەکانی تۆیەو تەواکەری تەمەنتن، واتە سوێند بەوانە،

(١٩) ئێوە لە تەمەنتاندا بە چەند بارودۆخێکدا تێدەپەڕن، منداڵی‌و لاوی‌و پیاوی‌و پیری‌و خۆشی‌و ناخۆشی و مەرگ،پاشان زیندوبونەوەو لێپرسینەوەو سەرئەنجام بەهەشت یان دۆزەخ، جا ئێوە لەم قۆناغانەدا چەندین کۆسپی گەورەو بچوك دێتە ڕێگاتان کە ئێوە بە چاوی خۆتان یان بە گوێی خۆتان لەخۆتانەوە بگرە تا کەس‌وکارو گەل‌و خەڵکانی تر دەبینن‌و دەبیستن، جا ئیتر بۆچی ئێوە ئەوەندە نەزانن‌و بیر لە پاشەڕۆژی خۆتان ناکەنەوە ؟

(٢٠) ساچ شتێك بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەوان باوەڕ
ناهێنن؟ (٢١) خۆ هەر کاتێکیش کە قورئان بخوێنرێتەوە
بەسەر ئەواندا ئەوان گەردن کەچ‌و گوێڕاڵی فەرمانی خواو
پێغەمبەرەکەی ﷺ نابن؟ واتە نەدەبو ئەوەندە لاسارو
نەفام‌و نەزان بن. ئینجا دەفەرموێ:

(٢٢) بەڵکو ئەوانەی کە بێ باوەڕبون قورئان بەدرۆ دەزانن بۆیە گوێڕایەڵی نابن‌و سودی لێ وەرناگرن.

(٢٣) جا خوا زاناترە لە خۆیان بەوەی کە لەناو دڵیاندا کۆی دەکەنەوە دژی پێغەمبەر ﷺ و قورئان، وە هیچ خورپە دڵێکی لێ حەشار نادرێت چونکە دروستکەری خورپەی هەرخۆیەتی، جاچۆن دەگونجێت خۆی شتێك

سُورَةُ البُرُوجِ ٨٥ — ٢٢

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ (١) وَالْيَوْمِ الْمَوْعُودِ (٢) وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ
(٣) قُتِلَ أَصْحَابُ الْأُخْدُودِ (٤) النَّارِ ذَاتِ الْوَقُودِ (٥) إِذْ هُمْ عَلَيْهَا
قُعُودٌ (٦) وَهُمْ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ بِالْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ (٧) وَمَا نَقَمُوا
مِنْهُمْ إِلَّا أَنْ يُؤْمِنُوا بِاللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ (٨) الَّذِي لَهُ مُلْكُ
السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (٩) إِنَّ الَّذِينَ
فَتَنُوا الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ
عَذَابُ الْحَرِيقِ (١٠) إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ
جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۚ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْكَبِيرُ (١١) إِنَّ بَطْشَ
رَبِّكَ لَشَدِيدٌ (١٢) إِنَّهُ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ (١٣) وَهُوَ الْغَفُورُ الْوَدُودُ (١٤)
ذُو الْعَرْشِ الْمَجِيدُ (١٥) فَعَّالٌ لِمَا يُرِيدُ (١٦) هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْجُنُودِ
(١٧) فِرْعَوْنَ وَثَمُودَ (١٨) بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي تَكْذِيبٍ (١٩) وَاللَّهُ مِنْ
وَرَائِهِمْ مُحِيطٌ (٢٠) بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَجِيدٌ (٢١) فِي لَوْحٍ مَحْفُوظٍ (٢٢)

سُورَةُ الطَّارِقِ ٨٦ — ١٧

دروست بکات بەڵام پێی نەزانێت؟وەکو لە سورەتی مولك /١٤ دا دەفەرموێ: ﴿ئایا نازانێت بەوەی کە دروستی کردوە لە حاڵێکدا کەئەو زۆر وردبین‌و بەئاگایە؟﴾ ئینجا بەشێوەی گاڵتەکردن بەو بێ باوەڕانە دەفەرموێ:

(٢٤) دەی مژدەیان پێ بدە بە سزایەکی دەردناك. لە ڕاستیدا مژدە بۆ شتی خۆشە نەك بۆ شتی خراپ بەڵام چونکە ئەوان لە دنیادا بە تاوان‌و خراپەکاری شادمان‌و دڵخۆش بون دەبێت هەروایش دڵخۆشبن بە تۆڵەی تاوان‌و خراپەکاریەکانیان، جا ئەگەر دڵخۆشیش نەبن چارەیان چیە؟ ئاشکرایە خوای میهرەبان پاش باسی خراپان‌و تۆڵەیان هەمیشە باسی چاکان‌و پاداشتیان دەکات، ئەوەتە دەفەرموێ:

(٢٥) تەنها ئەوانەی کە باوەڕیان هێنابێت‌و کرداری چاکیان کردبێت، ئەوانە وەکو بێ باوەڕان تەماشا ناکرێن ،بەڵکو بە پێچەوانەوە پاداشتیان چەند بەرامبەری کردارەکەی خۆیانە، کەبۆ ئەوان هەیە پاداشتێکی هەرگیز دوا نەهاتو و

نەبڕاوە. خوا بە لوتفت بەشدارمان بفەرمویت لەو پاداشتە.

(٨٥) سورەتی بروج (٢٢)

سورەتی بروج کە هەشتاو پێنجەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، بیستو دوو ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین بیست وحەوتەمین سورەتە، پاش سورەتی (الضحی)و پێش (التین) دابەزیوە.

لەم سورەتەدا خوای باڵادەست سرنجی خوێنەری ئەم سورەتە ڕادەکێشێت بۆ سێ داستانی گرنگ لە مێژوی مرۆڤدا کە داستانی یەکەم: باسی کۆمەڵە کەسێکە کە خۆگریان لەسەر ئایینو خواناسی کەم وێنەیە، دووهەمیان باسی خراپترین کەس دەکات بەرانبەر بە پێغەمبەری سەردەمی خۆیو لەناوچونی بەو شتەی کە ئەو پێی دا دەنازی کە بەناوبانگە بە فیرعەون، وە داستانی سێ هەم داستانی گەلێکی زۆر لاسارو بەهێزە کە دژایەتی پێغەمبەرو موعجیزە گرنگەکەیان دەکرد کە خوا بە دەنگێك لەناوی بردنو بە گەلی سەمود بەناوبانگن.

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

خوای گەروە سوێند بە چەند شتێك دەخواتو دەفەرموێ:

(١) سوێند بەو ئاسمانەی کە خاوەنی چەندین بورجە. جا ئەو بورجانە بە مانای کۆشکی گەورەو پڕ نەخشو نیگار بێت، یان بە مانای ئەو دوانزە جێگایە بێت کە هەر جێگایەکی شوێنی هەڵهاتنی ڕۆژە لە مانگێکدا کە هەر سێ بورجی بە وەرزێك دەناسرێتو بەو هۆیەوە جەوی ئاسمان لە ساردیو گەرمیو مام ناوەندیدا دەبێتو هەر سێ مانگی ئاوو هەوای نزیك لەیەکە، جا هەر کامیان ببێت بەڵگەی دەسەلاتو زاناییو ئاگاداری بێ سنوری خودایە، ئینجا دەفەرموێ:

(٢) وە سوێند بە ڕۆژی قیامەتیش کە بەڵێنی هاتنی دراوە. (٣) وە سوێند بە خواو بە هەمو دروستکراوەکانی، یان سوێند بە ڕۆژی هەینیو ڕۆژی عەرەفە، یان بە پێغەمبەر و مرۆڤ و فریشتە کە لە ڕاستیدا هەر یەکێك لەوانە شایەتەو شایەتی لەسەر دراویشە جا من یەکەمم بەلاوە نزیکترە، بۆیە پێشم خست لەوانی تر ئەگەرچی ئەوانیش هەریەکە بەڵگەی خۆی هەیە، جا پاش ئەوەی کە خوا سوێندی خوارد بەو شتانە سوێند لەسەر خوراوی باس نەکرد، بەڵام داستانی پاش ئەم سوێندانە وا پیشان دەدات کە سوێند لەسەرخوراو بەم شێوەبێت، سوێند بەوانە ئێوەی ئەی خەڵکی مەکەو، ئەی ئەوانەی کە ئەم پەیامەی خواتان پێ دەگاتو پەیڕەوی ناکەن لەناو دەچنو سەختترین سزادەدرێن، ئەوەتە ئەوانەی پێش ئێوە هەروەك ئێوە لاساریان کردو پەیڕەوانی ئایینیان سوتاندن، جا ئێمەش ئاوا بە شایەتی ئەوەی کە ئەم قورئانەی بەسەردا دەخوێنرێتەوە چ باوەڕی پێ بکەنو چ نەیکەن دەڵێین:

(٤) نەفرین لەوانەی کە چاڵیان هەڵکەندو خاوەن باوەڕانیان تێدا سوتاندن،واتە: ئەوانە ئیتر بۆ هەمیشە لەناو سزاو دۆزەخدا دەبن، چونکە ئەوە هەواڵێکی ڕاستەو لەلایەن خوا خۆیەوە هاتوەو ئەو کەسەیش کە خوا نەفرینی لێکرد تازە ڕزگاربونی نیە، وە ئەگەر ئەم هەواڵەیش بەمانای دوعاو نزایش بێت، ئینجا سەخترە چونکە کەسێك کە خوا نزای نەفرینی بۆ بکات کێ هەیە بۆی بپاڕێتەوەو عەفوی بکات؟. جا اللّٰه باسی ئەو ئاگرە دەکات کە ئەو خاوەن باوەڕانەیان پێ سووتاندوەو دەفەرموێ:

(٥) ئەوە ئاگرێك بو کە خاوەنی سووتەمەنی بوو نەدەکوژایەوە، واتە ئەوەندە سووتەمەنیان بۆ ئامادەکرد بو لەگەڵ تێ فڕەدانی ئەو هەمو خاوەن باوەڕانەدا ئەو ئاگرە نە دەکوژایەوەو نە کز دەبو، ئەو کەسانەیش کە ئاگرەکانیان دەکردەوەو فرمانی سووتاندنی خاوەن باوەڕانیان دەدا ئەوەندە دڵڕەقو بێ بەزەیی بون کاتێك کە ئەوانیان فڕەدەدایە ناو ئەو ئاگرەو دەسوتان،

(٦) ئا لەو کاتەدا ئەوان بە چواردەوری ئاگرەکەدا دانیشتبونو کەیفیان دەکرد بە سوتاندنی ئەو باوەڕدارانە، لە فەرمودەیەکدا هاتوە کە ئیمامی موسلمو بێجگە لەویش ڕیوایەتیان کردوە لە سوهەیبی ڕۆمیەوەو ئەویش لە

پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرموویەتی: (لەپێش ئێوەدا پاشایەك هەبوە کە ساحیرێکی هەبوە بۆ جادو کردن، کاتێك ساحیرەکە پیر بوە بە پاشاکەی وتوە: کە من پیربووم‌و کاتی مردنم هاتوە، منداڵێکم بۆ بنێرە با فێری سیحری بکەم، پاشاکەیش منداڵێکی ناردە لای‌و ئەویش سیحری فێردەکردو لە نێوان ساحیرو پاشادا خواناسێك هەبوەو ئەو منداڵەیش چوەتەلای کابرای خواناس‌و سەری سوڕماوە لە شێوەو لە قسەکانی، جا هەر کاتێك دەهاتە لای ساحیرەکە لێی دەداو دەیوت بۆ درەنگ دێیت؟

وە کاتێکیش دەگەڕایەوە ماڵ لە ماڵ لێیان دەدا دەیانوت بۆ درەنگ گەڕایتەوە؟ منداڵەکە شکاتی ئەم حاڵەی خۆی لەلای خواناسەکە کردو ئەویش وتی: هەر کاتێك ساحیرەکە ویستی لێت بدات بڵێ: لە ماڵەوە دوایان خستوم، وە ئەگەر لە ماڵەوە ویستیان لێت بدەن بڵێ: ساحیرەکە دوای خستوم.

پێغەمبەر ﷺ فەرموی: لەناکاو ڕۆژێك ڕێی کەوت لە حەیوانێکی زۆر سامناك‌و گەورە کە ڕێگای لە خەڵکی گرتبو و توانای دەربازبونیان نەبو، جا منداڵەکە وتی: ئەمڕۆ تێدەگەم ئایا ئیشی خواناسەکە خۆشەویستە لەلای خوا، یان هی جادوگەرەکە (ساحر)؟

پێغەمبەر ﷺ فەرموی: منداڵەکە بەردێکی هەڵگرت‌و وتی: ئەی خوایە ئەگەر ئیشی خواناسەکە خۆشەویستە بە لای تۆوەو پێی ڕازیتری ئەم حەیوانە بکوژە با ئەم خەڵکە بتوانن دەربازببن، جا بەردەکەی لێداو کوشتی‌و خەڵکەکە ڕۆیشتن، ئەوسا منداڵەکە ئەم هەواڵەی بە خواناسەکە گەیاندو خواناسەکەیش وتی: ئەی کوڕی خۆشەویستم ئەمڕۆ تۆ لەمن چاکتری، جا بەڕاستی تۆ تاقی دەکرێیتەوە، جا ئەگەر دوچاری سەختی هاتیت باسی من مەکە، ئینجا منداڵەکە کوێرو بەڵەك‌و باقی نەخۆشانی تری چارە سەر دەکرد، جا یەکێك لە هاونیشینانی پاشا کوێربوو ئەم هەواڵەی پێ گەیشت‌و بە سەوقاتیەکی زۆرو بەنرخەوە هاتەلای‌و وتی: چاکم بکەرەوە ئەوەی لێرەیە هەمووی بۆ تۆ، منداڵەکە وتی: من ناتوانم کەس چاك بکەمەوە ئەوەی کە چاکی دەکاتەوە تەنها خوای بەدەسەڵات‌و بەشکۆیە، ئەگەر باوەڕی پێ دەهێنیت منیش دوعات بۆ دەکەم لای خواو ئەویش چاکت دەکاتەوە، کابرا باوەڕی هێناو ئەویش دوعای بۆ کردو چاوی چاك بویەوە، ئینجا هاتەوە لای پاشاو وەکو جارانی پێشو دانیشت‌و پاشا وتی: ئەی فلانە کەس کێ چاوی دایتەوە؟ ئەویش وتی: پەروەردگارم، پاشا وتی: من؟ ئەویش وتی نەخێر، پەروەردگاری من‌و پەروەردگاری تۆ ﷲ یە، وتی: تۆ بێجگە لە من پەروەردگارێکی ترت هەیە؟ ئەویش وتی: بەڵێ، پەروەردگاری من‌و پەروەردگاری تۆ ﷲ یە،

جا هەستا سزای دا هەتا قسەی منداڵەکەی بۆ کرد، ئەوسا ناردی بەشوێن منداڵەکەداو وتی: ئەی کوڕی خۆم جادوی تۆ گەیشتوە بەو سنورەی کە تۆ کوێرو بەڵەك‌و ئەو نەخۆشانە چاك بکەیتەوە؟!

وتی: من هیچ کەسێك چاك ناکەمەوە، ئەوەی کە چاکی دەکاتەوە تەنها خوای بەدەسەڵات‌و بەشکۆیە. پاشا وتی: من؟ ئەویش وتی نەخێر، پاشا وتی: ئایا تۆ بێجگە لەمن پەروەردگارێکت هەیە؟ وتی: پەروەردگاری من‌و پەروەردگاری تۆ ﷲ یە، ئینجا دەستی کرد بە سزادانی و وازی لێ نەهێنا تا قسەی خواناسەکەی کرد، ئەویشی بۆ هێنراو پێی وت: بگەڕێرەوە لەو ئاینەت، نەگەڕایەوە، جا مشارێ لەسەر سەری داناو کردی بە دوولەتەوەو وتی: بە کابرای کوێریش: بگەڕێرەوە لەسەر ئەو ئاینەت، ئەویش نەگەڕایەوە هەروا مشارێی لەسەر تەوقی سەری ئەو داناو کردی بە دوولەتەوە،

ئینجا وتی: بە منداڵەکە بگەڕێرەوە لەو ئاینەت، ئەویش بەگوێی نەکرد، جا بە چەند کەسێکدا ناردی بۆ سەر جێگایەکی زۆر بەرزو وتی: هەر کاتێك گەیاندتانە سەر بەرزترین جێگای داوای لێ بکەن کە پەشیمان ببێتەوە ئەگەر پەشیمان نەبویەوە هەوای دەنە خوارەوە، جا کاتێك بردیانە ئەو جێگایە کە بەتەمای خستنەخوارەوەی بون وتی: خوایە بمپارێزە لێیان بەو شێوەی کە خۆت ئارەزۆت لێیە، جا چیاکە جوڵێنراو ئەوان هەموویان کەوتنە خوارەوە، منداڵەکە هاتەوە لای پاشاو پاشایش وتی: هاوڕێیانت چیانکرد؟ وتی: خوا منی لەوان ڕزگارکرد، ئینجا لەگەڵ چەند کەسێکدا بە کەشتیەکی گەورەدا ناردی‌و وتی: کاتێك گەیشتنە قوولایی دەریا پێی بڵێن پەشیمان ببێتەوە، جا ئەگەر پەشیمان نەبویەوە فڕێدەنە

دەریا، ئەوانیش بردیانو کاتێك ویستیان فڕەیدەنە دەریا وتی: خوایە بمپارێزە لێیان بەو شێوەیەی کە خۆت ئارەزۆت لێیە، جا هەمویان خنکانو منداڵەکە هاتەوە لای پاشاو ئەویش وتی: هاورێیانت چیانکرد؟ وتی: خوا منی لەوان پاراست، ئینجا وتی بە پاشا تۆ ناتوانێت من بکوژیت، هەتا بەو شێوەیە نەکەیت کە خۆم پێت دەڵێم، ئەگەر تۆ بەو شێوەیەی کە من پێم وتیت ئیشتکرد دەمکوژیت، ئەگینا ناتوانیت بمکوژیت،

پاشا وتی: کامەیە ئەوەی کە تۆ دەیڵێیت؟ وتی: خەڵك لە شوێنێکی بەرزایدا کۆبکەیتەوە لە پاشان بمبەستی بە دارێکەوەو تیرێك لەم جوعبەی خۆمە دەربهێنیتو لەپاشان بڵێیت (بەناوی (ﷲ)وە کە پەروەردگاری ئەو منداڵەیە) جا ئەگەر تۆ ئاوەهات کرد ئەوە دەمکوژیت. پاشا بەو شێوەیەی کردو ئەو تیرەی نایەناو کەوانەکەیو وتی: بەناوی (ﷲ) کە پەروەردگاری ئەو منداڵەیەو تەقاندییە منداڵەکەو دای لە بناگوێی (لە ڕووی دەمو چاویەوە کە زوڵفی پێ دەوترێت)و منداڵەکە دەستی لەسەر برینەکەی خۆی داناو گیانی دەرچو، ئیتر ئەو خەڵکەی کە چاویان لەو ڕووداوە بو وتیان: (آمنا برب الغلام باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری ئەو منداڵە) وترا بە پاشا پێم ناڵێیت تۆ لەچی دەترسیت؟ وەڵڵاهی ئەوەی لێی دەترسایت ڕویدا لێت، ئەو خەڵکە هەموی باوەڕی هێنا، جا پاشا فەرمانیدا لە شوێنی دەرچونی هەمو ڕێگاکانەوە چاڵ هەڵکەنراو ئاگری تێدا کرایەوە، جا وتی: هەر کەس لە ئاینەکەی خۆی پەشیمان بویەوە ئەوە وازی لێ بهێنن، ئەگینا بیخەنە ناو ئەو چاڵە ئاگرەوە، ئینجا ئەوانیش بۆ پارێزگاری لەبیرو باوەڕی خۆیان، جا خۆیان فڕەدەدایە ناو ئاگروە، ئینجا ئافرەتێك هات کە کوڕێکی شیرەخۆری پێ بو خەریکبوو خۆی بگرێت لە چونەناو ئاگرەکە، ئەو منداڵەیش هاتە قسەو وتی: خۆ بگرە ئەی دایکی خۆم بەڕاستی تۆ لەسەر بیرو باوەڕێکی ڕاستیت. جا لە ڕیوایەتێکی تردا ترمزی دەڵێ: کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ ئەو ڕووداوەی باس دەکردو تەواو بو دەیفەرمو خوای بەدەسەڵاتو بەشکۆ دەفەرموێ: ﴿قُتِلَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأُخۡدُودِ ۝٤﴾ ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلۡوَقُودِ﴾ هەتا دەگەیشتە ﴿ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ﴾ بەڵام منداڵەکە شارایەوە، دەڵێن لە زەمانی خەلافەتی عومەردا (ڕەزای خوای لێبێت) ئەو منداڵە دەرهێنرا ئەو هەر پەنجەکەی لەسەر بناگوێی بو، ئینجا ﷲ بێ ڕەحمیو ناپاکی ئەو پاشایەو پەیڕەوانی باس دەکاتو دەفەرموێت:

(٧) جا ئەوستەمکارانە خۆیان ئامادەبون لەوێدا کە ئەوباوەڕ دارانەیان دەسوتاندن.

(٨) خۆ ئەوان ڕقیان نەبوو لەو باوەڕدارانە، مەگەر تەنها لەسەر ئەوەبو کە ئەوان باوەڕیان هێنا بو بە خوای بە دەسەڵاتو سوپاسکراو، ئەگەرچی ئەمڕۆ خوا ئەو باوەڕدارانەی بەدەست ئەو تاوانبارانەوە گرفتار کردوە، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم دەبێ ئەو تاوانبارانەش بگەڕێنەوە بۆ دادگای ﷲو بە تۆڵەی ئەو تاوانانە، سزای سەختی دۆزەخ بچەژنو ئەو پیاوچاکانەیش بەهۆی ئەو سەختیەوە بەرزترین پلەی بەهەشت وەرگرن، واتە: بێ باوەڕان بەهۆی کەمێك خۆشیو ڕابواردنو خۆسەپاندنەوە دوچاری سەختترین سزای دۆزەخ دەبنو خاوەن باوەڕانیش بۆ کەمێك سەختی دنیا بە بەرزترین و خۆشترین جێگای بەهەشت دەگەن، چونکە بێ باوەڕان دژایەتی خوایەکی بەدەسەڵاتو بەشکۆ دەکەن،

(٩) ئەو زاتەی کە ئاسمانانو زەوی تەنها مولکی ئەوە، خۆ ﷲ ئاگای لە هەمو شتێك هەیە و هیچی لێ پەنا نادرێتو ئیشی کەسی لەلا ون نابێت، دەی خۆ ئەو زاتە بەدەسەڵاتە دەبینێت ئەو باوەڕدارانە چیان بەسەردێتو ئەو بێ باوەڕانە چ تاوانێك ئەنجام دەدەن ئایا دەگونجێت هەروا بڕوات؟ نەخێر، ﷲ دەفەرموێ:

(١٠) بەبێگومان ئەوانەی کە ئەو باوەڕدارانەیان دوچاری بەڵا کردو سوتاندنیان لە پاشان تەوبەیان نەکردو پەشیمان نەبونەوە لەو تاوانە گەورەیەی کەکردیان ئەوسا بۆ ئەوان هەیە سزای دۆزەخو بۆ ئەوان هەیە سزایەکی سوتێنەر، حەسەنی بەسری دەڵێ: تەماشای ئەو ڕێزو سەخاوەتمەندیەی ﷲ بکەن، ئەوان دۆستانی خوایان شەهید کردوە،کەچی ﷲ بانگیان دەکات بۆ تەوبەو

لێخۆشبون، ئینجا ﷲ باسی باوەڕداران‌و پاداشتەکانیان دەکات‌و دەفەرموێ:

١١ بەڕاستی بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان ئەنجامداوە چەندین باخچە هەیە کە لەژێر ئەو باخچانەدا چەندین جۆگا دەڕوات. جۆگای ئاوی خۆش، جۆگای شیری پاك‌و خاوێن‌و جۆگای شەرابی زۆر بەتام‌و جۆگای هەنگوینی پاڵفتەکراو ئەمانە هەمیشەن‌و خاوەن باوەڕان لەناویدا دەخولێنەوەو بە ئارەزۆی خۆیان سودی لێ وەردەگرن‌و فریشتەکان پێیان دەڵێن: بخۆن نۆشی گیانتان بێت ئەوە بەرهەمی کردارەچاکەکانی خۆتانە، جا چ شتێك هەیە خۆشترو بەلەزەتترو بەنرختر بێت لەو نازو نیعمەت‌و جێگا خۆشەی خاوەن باوەڕان؟ زۆر جێگای خۆیەتی کە دەفەرموێ: ئا ئەوەیە خۆشبەختی‌و بەهرەی گەورە، ئینجا ﷲ ستەمکاران دەترسێنێت‌و دەفەرموێ:

١٢ بەڕاستی لێدانی پەروەردگاری تۆ زۆر بەهێزو زۆر توندە. ئینجا هەندێك شت باس دەکات کە بەڵگەی توانای‌و هێزو زانایی بێ سنوری ﷲیە، دەفەرموێ:

١٣ بەبێگومان کە ئەو هەر خۆیەتی کە پێشەکی دروستکراوەکانی دروست دەکات‌و دووبارە پاش مەرگیش وەك یەکەم جاریان لێ دەکاتەوەو زیندویان دەکاتەوە بۆ حیساب‌و پاداشت‌و سزا، بەڕاستی ئەگەر دەسەڵاتدارو زانا نەبێت ناتوانێت ئەو هەمو ئێسك‌و پروسکەو ئەو هەمو جومگەو ڕەگ‌و گۆشت‌و ئەو خەتەرە شاراوانەی ناو دڵ جارێکی تر بهێنێتەوە ڕوو بێ زیادوکەم تەنانەت سەرئەنگوشتەکانیش وەکو خۆی لێ بکاتەوە، بەڵێ ئەو زاتە هەروەك بە دەسەڵات‌و زانایە،

١٤ خۆ خۆیشی زۆر لێبوردەو و میهرەبانە سەبارەت بە هەمو دروستکراوەکانی، جا زاتێك ئاوا لە تاوانباران بە پەشیمانبونەوەیەك چاوپۆشی لێ بکات ئەی دەبێت لەگەڵ دۆستانی خۆیدا چی بکات؟

١٥ بەڵێ ئەو زاتە خاوەنی عەرشێکی زۆر گەورەو بەرێزە، وشەی (الْمَجِيدُ) بە بۆری دالەکەو ژێری خوێنراوەتەوە یەکەمیان دەبێت بە وەسفی خواو خوای خاوەن عەرش‌و دووەمیان دەبێت بە وەسفی عەرشەکە وەکو مانامان کرد هەردووکیان ڕاستە. ئینجا دەفەرموێ:

١٦ ئارەزۆی هەر شتێك بکات دەیکات. واتە هیچ شتێك ناتوانێت ببێت بە بەربەرج بۆ ئارەزۆکانی خواو کەس ناتوانێت دەست بخاتە کاروبارییەوە، دەڵێن ئەبوبەکری صدیق (خوای لێی ڕەزای بێت) لە نەخۆشی مردندا بوو پێی وترا ئایا پزیشك نەیبینیویت؟ وتی: بەڵێ، وتیان چی پێ وتیت؟ وتی: فەرمویەتی: (إِنِّي فَعَّالٌ لِمَا أُرِيدُ/ بەبێگومان من ئەوەی کە بمەوێ بیکەم دەیکەم). ئینجا دوو داستانەکەی ترمان بەکورتی بۆ باس دەکات‌و دەفەرموێ:

١٧ ئایا پێتگەیشتوە بەسەرهاتی سەربازەکان،

١٨ فیرعەون‌و سەمود کە چیان بەسەرهات و چۆن تۆڵەیان لێ سەنرا لەسەر ئەو تاوانانەی کە دەیانکرد؟ ئایا هیچ کەس توانی ڕزگاریانی بکات؟ دەی ئێوەش ئەگەر زۆر ستەمکاربن هەروەکو فیرعەونتان پێ دەکرێت‌و هەرچەند بەهێزبن هەروەکو گەلی سەمود دەبن، جا بۆ دەبێت بیر لەخۆتان‌و ئایندەتان نەکەنەوە؟ ئینجا دەفەرموێ:

١٩ واز لە باسی ئەوان بهێنە، ئەوانەی کە بێ باوەڕبون هەمیشە هەر خەریکی بەدرۆخستنەوەو سەرکەشی‌و لاساری بون،

٢٠ جا با ئاگاداربن کە خوا بە زانین‌و بە دەسەڵات گەمارۆی داون و ناتوانن لە دەستی دەرچن.

٢١ واز لەوەش بهێنە، ئەوەی کە بۆتان دەخوێنرێتەوە قورئانێکی زۆر گەورەو بە عەزەمەت‌و بەرێزە،

٢٢ کە لەناو لەوحێکدایە پارێزراوە لە هەمو زیادو کەمی‌و تێکدان‌و گۆڕانکارییەك، چۆنیەتی لەوح‌و جێگای بەڵگەی زۆر ڕونی لەسەر نیە ئێمەش پێویستە باوەڕمان پێی هەبێت‌و بەچاکی دەزانم واز لە چۆنیەتی‌و جێگای بهێنین، چونکە زانینی پێویست نیە ئەگینا ﷲ خۆی یان پێغەمبەرمان ﷺ باسیان دەکرد ئەگەر ئەو ڕیوایەتەی بەغەوی‌و تەبەریش لە ئیبنوعەباسەوە ڕاست بێت باوەڕمان پێی هەیە.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ﴿١﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ﴿٢﴾ ٱلنَّجْمُ ٱلثَّاقِبُ ﴿٣﴾ إِن كُلُّ
نَفْسٍ لَّمَّا عَلَيْهَا حَافِظٌ ﴿٤﴾ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴿٥﴾ خُلِقَ مِن مَّآءٍ
دَافِقٍ ﴿٦﴾ يَخْرُجُ مِنۢ بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴿٧﴾ إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجْعِهِۦ لَقَادِرٌ ﴿٨﴾
يَوْمَ تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ ﴿٩﴾ فَمَا لَهُۥ مِن قُوَّةٍ وَلَا نَاصِرٍ ﴿١٠﴾ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلرَّجْعِ ﴿١١﴾
وَٱلْأَرْضِ ذَاتِ ٱلصَّدْعِ ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ لَقَوْلٌ فَصْلٌ ﴿١٣﴾ وَمَا هُوَ بِٱلْهَزْلِ ﴿١٤﴾ إِنَّهُمْ
يَكِيدُونَ كَيْدًا ﴿١٥﴾ وَأَكِيدُ كَيْدًا ﴿١٦﴾ فَمَهِّلِ ٱلْكَٰفِرِينَ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًۢا ﴿١٧﴾

٨٧ سُورَةُ الأَعْلَىٰ ١٩

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ﴿١﴾ ٱلَّذِى خَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٢﴾ وَٱلَّذِى قَدَّرَ فَهَدَىٰ
﴿٣﴾ وَٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلْمَرْعَىٰ ﴿٤﴾ فَجَعَلَهُۥ غُثَآءً أَحْوَىٰ ﴿٥﴾ سَنُقْرِئُكَ
فَلَا تَنسَىٰٓ ﴿٦﴾ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۚ إِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلْجَهْرَ وَمَا يَخْفَىٰ ﴿٧﴾ وَنُيَسِّرُكَ
لِلْيُسْرَىٰ ﴿٨﴾ فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكْرَىٰ ﴿٩﴾ سَيَذَّكَّرُ مَن يَخْشَىٰ ﴿١٠﴾
وَيَتَجَنَّبُهَا ٱلْأَشْقَى ﴿١١﴾ ٱلَّذِى يَصْلَى ٱلنَّارَ ٱلْكُبْرَىٰ ﴿١٢﴾ ثُمَّ لَا يَمُوتُ
فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ﴿١٣﴾ قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ وَذَكَرَ ٱسْمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ﴿١٥﴾

٨٦ سورەتی تاریق ١٧

سورەتی تاریق کە هەشتاو شەشەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، حەڤدە ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سیو شەش هەمین سورەتەو پاش سورەتی (البلد)و پێش (القمر) دابەزیوە.

لەجابیری کوڕی سەمورەوە هاتوە کە: { أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يَقْرَأُ فِي الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ بِالسَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ وَشِبْهِهِمَا / الترمذي، الألباني : حسن صحيح/ بەڕاستی پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی نیوەڕۆو عەسردا سورەتی بروجو تاریقو وێنەی ئەودوانەی دەخوێند}

لەم سورەتەدا خوای زاناو کاربەجێ پێشەکی سوێند بە ئاسمانو بەتاریق دەخواتو دەفەرموێت: بەسەر هەمو کەسێکەوە چاودێرمان داناوەو، پاشان ئەوەی ئادەم ڕادەوەشێنێتو دەفەرموێت: تەماشای دروستکردنی خۆت بکەو بزانە ئەوەی کە بەو شێوەیە تۆی دروستکردوە، زیندوکردنەوەی دوبارەی تۆی لا زۆر ئاسانەو، لە پاشان جارێکی تر سوێند بە ئاسمانو ئیشە گرنکەکانیو زەویو ڕووداوەکانی دەخوات،و دەفەرموێ: ئەم قورئانە جیاکەرەوەی ڕاستو ناڕاستەو نابێت بە دەستی کەم بگیرێت،لە کۆتاییدا هەڕەشەیەکی توند لە بێ باوەڕان دەکاتو مژدەیەکیش بە پێغەمبەر ﷺ و پەیڕوانی دەدات، ئەگەرچی سورەتێکی کورتە، بەڵام مرۆڤ لە دنیاوە بۆ قیامەتو لەجیهان خواناسیەوە بۆ خۆناسی دەباتو جارێکی تر دەیهێنێتەوە سەر زەویو دۆستایەتی خۆی بۆ باوەڕداران و دوژمنایەتی بۆ بێ باوەڕان ڕادەگەیەنێت.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

﴿١﴾ سوێند بە ئاسمانو سوێند بەتاریق. تاریق : بە هەمو شتێك دەڵێن کە لەناکاودا لە دەرگا بدات چ لە شەودابێتو چ لە ڕۆژدا بێت، وەك لە فەرمودەیەکی پێغەمبەرمان ﷺ دا هاتوە کە دەفەرموێ:{ أعوذ بِكَ مِن شَرِ طَوارِقِ الليلِ وَالنَّهار، الا طارقاً يَطرق بِخير يارّحمن/ احمد،صححه الالباني/ پەنا دەگرم لە خراپی هەر شتێك کە لەناکاودا پەیدا ببێت لە شەو و لە ڕۆژدا، مەگەر پەیدابویەك کە بۆ چاکە لە دەرگا بدات، ئەی ڕەحمان} لێرەدا تایبەتی کردوەو لە پاشان مانای دەکاتو دەفەرموێ:

﴿٢﴾ جا چی تۆی تێگەیاندوە کە ئەو تاریقە چیە؟

﴿٣﴾ ئەو تاریقە: ئەو ئەستێرەیە کە بە ڕووناکیەکەی تاریکایی شەو کون تێ دەکات. ئاشکرایە بە پێشکەوتنی زانیاری ژمارەیەکی زۆر لە ئەستێرەکان بینرانو گەورەییو دووری ئەوان لە ئێمەوە دەرکەوت، هەیانە بە مەلاین جار لەم زەویەی کە ئێمەی بەسەرەوە دەژین گەورەترە، کە ئەوانەش هەمویان لەژێر ئاسماندا لە بۆشایدا دەسوڕێنەوە، دەی دەبێت ئاسمان چەند گەورە بێت، جا خوای زاناو بەدەسەڵات سوێند بەم دوو دروستکراوەی خۆی دەخوات کە بەڵگەن لەسەر بێ سنوری زانایيو داناییو دەسەڵاتی خۆی، سوێند دەخوات بەو دوو دروستکراوە گەورەو سەرسوڕهێنەرەو دەفەرموێ:

﴿٤﴾ هیچ گیانلەبەرێك نیە مەگەر لەسەر ئەو چاودێر هەبێت چ ئەوانەی کە دەیپارێزنو چ ئەوانەی کە پارێزەری قسەو کرداریان بن،وەکو لە سورەتی (ق)دا فەرموی (هیچ

قسەیەك ناكات نەوەی ئادەم، مەگەر لای ئەو بێت ڕەقیبو عەتید)،ئینجا سرنجی مرۆڤ ڕادەكێشێت بۆ لای چۆنیەتی دروستبونیو دەفەرموێ:

(٥) سا با مرۆڤ تەماشا بكات و بزانێت لە چی دروستكراوە، ئینجا ﷲ باسی ئەو مادەیە دەكات كە مرۆڤی لێ دروست بوەو دەفەرموێ

(٦) دروستكراوە لە ئاوێك كە زۆر بەپەلە دەردەپەڕێت.

(٧) كە لە پشتی پیاوو ئێسكە وردەكانی سینگی ئافرەتەوە دەر دچێت، جا لە بەیەك گەیشتنی ئەم دووانە نەوەی ئادەم دروست دەبێتو قۆناغی یەكەمی دروستبونی مرۆڤ دەست پێ دەكات، ئاشكرایە ئەو زاتەی كە ئەم مرۆڤە ڕێكوپێكەی لەو ئاوە نەرمو شلو بێ گیانە دروستكردوە زیندوكردنەوەی پاش مەرگی لەلا ئاسانترە، ئەگەرچی هیچ شتێك لای خوا دژوارو سەخت نیە،

(٨) بێگومان كە ﷲ بۆ گەڕانەوەو دروستكردنەوەو زیندوكردنەوەی ئەو مرۆڤە لەپاش مەرگی بەتوانایەو هەر كاتێك ئارەزۆ بكات زیندوی دەكاتەوە بەتایبەت بۆ كۆكردنەوەو بگرەو بەردەی دوارۆژ، ئەگەرچی مانای تر كراوە بەڵام من ئەم مانایەم بەلاوە نزیكترە لەبەرئەوەی كە دەفەرموێ:

(٩) ئەو گەڕانەوەی مرۆڤە لە ڕۆژێكدا دەبێت كە هەمو نهێنیەكان ئاشكرا دەبێتو كەس ناتوانێت شتێكی خۆی حەشار بداتو خۆی بشارێتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: { لِكُلِّ غَادِرٍ لِوَاءٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرْفَعُ لَهُ بِقَدْرِ غَدْرِهِ أَلَا وَلَا غَادِرَ أَعْظَمُ غَدْرًا مِنْ أَمِيرِ عَامَّةٍ (متفق عليه) بۆ هەمو مرۆڤێكی ناپاكی غەدركەر لەرۆژی قیامەتدا ئالآیەك هەیە بەئەندازەی ناپاكییەكەی ئاگاداربن هیچ ناپاكیو غەدرێك گەورەتر نیە غەدرەكەی لەغەدری ئەمیری گشتی}

(١٠) جا ئەوكاتە ئەوەندە بێ دەسەڵاتە بۆ ئەو هیچ هێزێك نیە،بەلكو زۆر لاوازو دەستەپاچەیەو كەسیش یارمەتی نادات، هەروەك لە سورەتی ئینفیتاردا فەرموی: (لەو ڕۆژەدا كەس خاوەنی هیچ شتێك نیە بۆ كەسێكی ترو فرمان لەو ڕۆژەدا هەر بۆ ﷲیە) جارێكی تر ﷲ سوێند بە ئاسمانو زەوی دەخواتو دەفەرموێ:

(١١) سوێند بە ئاسمانی خاوەن گەڕاندنەوە جا چی ڕووناكی مانگو ڕۆژو ئەستێرەكان بگەڕێنێتەوە بۆ سەر زەوی تا سودیان لێ وەربگیرێت یان گەڕاندنەوەی یەك لەدوای یەكی فریشتەكان بۆ پارێزگاریو نوسینی كاروباری مرۆڤ یان گەڕاندنەوەی هۆی ڕۆزی مرۆڤ یان گەڕاندنەوەی گیانی خوانەناسان بۆ لاخواروی زەوی وتۆماركردنی لەناوسجین دابێت كە بەفرمانی ﷲ هەمویان دەكات، دوورنیە بە مانای ئەو ڕۆژە بێت كە فرمانی لەناوچونی دنیا دەردێت كە لە ئاسمانەوە دەست پێ دەكاتو بە شەق بونی زەویو دەرهێنانی مردوەكان كۆتایی پێ دێت.

(١٢) جا سوێند بە زەویەش كە خاوەنی شەقارودرزوكەلێنە جا چ بەمانای پێشو بێت یان شەقبونی زەوی بۆ وەرگرتنی ئاوی ئاسمانو عەماكردنی بۆ مرۆڤ و شەقبونی زەوی بۆ سەوزكردنی گژوگیاوو درەخت بۆ مرۆڤ و مەڕو ماڵاتەكانیان وەك لە سورەتی عەبەسەدا باسكرا، كە هەمویان ڕاستەو هەمویشیانی تێدا ڕودەدات، جا خوا سوێند دەخوات بە ئاسمانی خاوەنی گەڕانەوەو زەوی خاوەن شەقبونو دەفەرموێ: سوێند بەوانە

(١٣) بەبێگومان ئەو (قورئانە)و ئەو باسەی كەكرا قسەیەكە ڕاستو ناڕاست لەیەك جیادەكاتەوە.

(١٤) خۆ ئەوە شتێكی گاڵتە نیە. بەلكو شتێكی ڕاستەو لەلایەن زاتێكی ڕاستەوە هاتودو بۆ مەبەستێكی ڕاستەو هاتوەتە لای مرۆڤێكی ڕاستو دەستو دەم پاك بەهۆی فریشتەیەكی ڕاستو ئەمینەوە، تا ئێرە سێ مەبەستی سەرەكی بیروباوەڕی باسكرد یەكەمیان بونو پەروەردگاریەتی ﷲ خۆی، دووهەمیان زیندوبوونەوەو دوارۆژو سێهەمیان،ڕاستیو دروستی قورئان، ئینجا خوا پەردە لەسەر نهێنیو ئیشە ناپەسەندەكانی بێ باوەڕان لادەباتو دەفەرموێ:

(١٥) بەڕاستی ئەوان هەمیشە هەر خەریكی فرۆفێڵكردنو پیلانگێڕانن دژی خاوەن باوەڕان، جا ئایا ئەوە دەبێت

کەخوا دۆستانی خۆی بدات بەدەست ئەو تاوانبارانەوە؟ نەخێر، بەڵکو دەفەرموێ:

(١٦) منیش چارەی فرۆفێڵی ئەوان دەکەمو بەشێوەی بەرنامەی خۆیان دژی باوەڕداران تۆڵەیان لێ وەردەگرمەوە، واتە: ئەوان بەشێوەیەکی نهێنی دەیانەوێت زیان بگەیەنن بە خاوەن باوەڕانو ئازاریان بدەن منیش بەو شێوەی کە ئەوان بەخۆیان نازانن تا دەیانخەمە داوەوەو تۆڵەیان لێ وەردەگرم، جا ئەمە یەکێکە لە وەسفە کرداریەکانی الله و باوەڕمان پێی هەیەو بێ ئاگایین لە چۆنیەتیەکەی، ئینجا ڕوو لە پێغەمبەرمان ﷺ دەکاتو دەفەرموێ:

(١٧) دەی سا تۆ ماوەی بێ باوەڕان بدە باچی دەتوانن بیکەن، کەمێك ماوەیان پێ بدە، جا تەماشا بکە خوا وا پیشان دەدات کە لەناوبردنو فەوتانی بێ باوەڕان بە دەست پێغەمبەرەو دەفەرموێ: تۆ ماوەیان پێ بدە، لەڕاستیدا ئەمە دڵخۆش کردنێکی زۆر گەورەیە بۆ پێغەمبەرمان ﷺ چونکە ماوەدانو ماوەنەدان تەنها بەدەست الله خۆیەتی، جا ئەم بڕیاری ماوەپێدانە لەگەڵ ئایەتی پێنجی سورەتی تەوبەدا کە دەفەرموێ:﴿ جا بت پەرستانتان لەهەرکوێدا دەستکەوت بیانکوژن﴾ دژایەتی هەیە وەڵامەکەی بەم شێوەیە کە ئەم ئایەتە حوکمەکەی بە ئایەتی پێنج و باقی ئایەتەکانی شمشێر هەڵوەشاوەتەوەو هەر لەم ئایەتەدا چاوەڕێکردنی گۆڕان دەکرێت،چونکە دەفەرموێ: ﴿أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًا﴾ ماوەیان پێبدە کەمێك، واتە لەپاش ئەو ماوە کەمە ئەو بڕیارە دەگۆڕێت. والله أعلم. بەڵێ ئەوانە فرۆفێڵیان دەکرد تا موسڵمانان لە ئاینە بەنرخەکەی ئیسلام لابدەن، بەڵام خوا بەو کۆمەڵە لاوازو کەمە تۆڵەی لەو بێ باوەڕانە سەندو موسڵمانانو ئاینەکەی سەرخست.

٨٧ سورەتی ئەعلا ١٩

سورەتی ئەعلا کە هەشتاو حەوتەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، نۆزدە ئایەتەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین حەوتەمین سورەتەو پاش سورەتی (التكوير)و پێش (الليل) دابەزیوە. ئیمامی أحمد لە عەلیەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) هێناویەتی کە وتویەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم سورەتەی خۆشویستوە، وە لە بوخاریو مسلم دا هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ بە مەعازی فەرموو:{هَلَّا صَلَّيتَ بِـ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾ و﴿وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا﴾ و﴿وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى﴾/ دەبوایە نوێژت بۆبکردنایە بە خوێندنی ئەو سورەتانە} هەروەها لەلای مسلمو لە سونەندا هاتوە کە:{ پێغەمبەر ﷺ لە نوێژی جەژنەکانو جومعەدا سورەتی (ئەعلا) و (غاشیە)ی خوێندوە،جا ئەگەر وا ڕێك بکەوتایە جەژنو جومعە لە یەك ڕۆژدابوایە لە هەردووکیان دەیخوێندنەوە}، وە لە عائیشەو لە چەند ڕێگایەکی ترەوە ئیمامی أحمد هێناویەتی کە:{ پێغەمبەر ﷺ لە نوێژی تاك (الوتر)دا سورەتی (الأعلَى)و ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ﴾و ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ وە عائیشە زیاد دەکاتو دەڵێت: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ﴾ی خوێندوە. سورەتەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکاتو دەفەرموێ:

بەناوی الله ی زۆر بەسۆز بێنیهایەت میهرەبان

(١) ناوی پەروەردگاری بڵند مەقامت پاكوخاوێن ڕابگرەو یادی بکەو ڕێز بۆ ناوە پیرۆزەکانی دابنێو ئەو ناوەی کەلەخۆیەوە بۆت هاتوە ڕابگەیەنەو خەڵکی لە ناشیرینکردنو بێ ماناکردنی بترسێنە، واتە: هەروەك زاتەکەی پاكو بێ وێنەیە، هەروەها ناوە پیرۆزەکانیشی پاكو بێ وێنەن، وە لە فەرمودەی پێغەمبەرمان ﷺ دا هاتوە کە (تەسبیحات) واتە یادکردنی خوا جا کاتێك کەئەم سورەتە دابەزی فەرموی: ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾ پێغەمبەر ﷺ فەرموی :{سُبحَانَ رَبِّيَ الأَعلَى/ابوداود،صححه الألباني/ وشەی (سُبحَان) واتە پاكو بێ عەیب.

ئینجا لەپاشدا چەند شتێك باس دەکات کە بەڵگەی دەسەڵاتو زانایيو کاربەجێیی خوایەو ڕۆشنکەرەوەی مانای (سُبحَان)ەیەو دەفەرموێ:

(٢) ئەو پەروەردگارەی تۆ ئەو زاتەیە کە هەموشتێکی دروستکردوە، ئینجا ڕێکوپێکی کردوە. واتە خوا ئەو زاتەیە کە ئەو هەمو دروستکراوانەی لە نەبونەوە هێناوەتە کایەوەو هەمو شتێکیشی ڕاستو دروستو

بەگوێرەی پێویست دروستکردوە، هەر لە دروستکردنی عەرش و کورسی و ئاسمانانەوە بگرە تا مرۆڤ و مەڕومالآت و میکرۆب هەموی دروستکراوی ئەوەو هەر کامیان چی پێویست بێت بۆی دروستکردوە، واتە بێ عەیبە لە دروستکردن و ڕێکوپێك کردنیاندا، وە دەفەرموێ:

(٣) جا ئەو پەروەردگارەی تۆ ئەو زاتەیە کە
ئەندازەگیری هەموشتێکی کردوەو ئینجا ڕێنمایی کردوە کە چی بکات و چۆن بژیت و چۆن خۆی بپارێزێت. ئاشکرایە ئەندازەگیری الله لە هەمو دروستکراوەکانیدا بێ کۆتاییەو وردو سەرسوڕهێنەرە تا زانایان زیاتر لێی بکۆڵنەوە شتی زیاترو گرنگترو سەرسوڕهێنەرتری تێدا دەبینن، بۆ نمونە دوری ڕۆژ لە زەوی کە ئەگەر کەمێك دوورتربوایە هەمو زەوی دەیبەست و دەبو بە سەهۆڵبەندان و کەس لەسەری نەدەژیا وە ئەگەر کەمێك نزیکتر بوایە هەمو دارو درەخت و گژوگیا دەسوتاو دیسان زیندەگی تێدا نەدەکرا، جا هەر بەو جۆرە چۆنیەتی هەواو جۆری و پێویستی مرۆڤ بەو هەوایەو چۆنیەتی دابینکردن و پاك و خاوێنکردنەوەی بەهۆی دارودرەخت و گیاو شینایییەوە، خۆ ئەگەر تەماشای هەر کوێ بکەیت یەك لە یەکی گرنگترو سەرسوڕهێنەرترن، بۆ نمونە: هەر سەرئەنگوشتان بەسە بۆ زانینی توانایی و زانایی و دانایی الله کە سەر ئەنگوشتی هیچ کەس لەوی تر ناکات و ئێستا هەمو خەڵك بەوە دەزانێت، چونکە کراوە بەهۆی پێناسەی مرۆڤ و جیاکردنەوەی لەیەك لە هەمو جیهانداو ماوەی دوو سەد ساڵێکە زانراوە، واتە دەرکەوت ئەو زاتە لە دروستکردنەکانی خۆیدا هەروەکو ڕێك و پێکە هەر وەهایش سنوردارەو هەریەکەی سنورێکی تایبەتی خۆی هەیەو ڕێنمایشی کردوە چۆن بکات، هەر بۆ نمونە باڵندەیەك دەبێت بزانێت کەی کاتی هێلکە کردنیەتی و پێش ئەوە دەبێت جێگای هێلکەکردنەکەی خۆی چاك بکات و کاتێك کە بەچکەن و خواردنیان بۆ دێنێت دەبێت بزانێت بە کامیانی داوەو کامیان هیچی پێ نەدراوە، دڵ دەبێت بزانێت چۆن ئیش بکات بۆ دابەشکردنی خوێن و هەزاران شتی تر لەم بارەوە کە لە توانای مرۆڤدا نیە ژمارەکردنیان نەك باسکردنیان کەواتە (سُبحَانَ الذي خَلَقَ فَسَوَّى وَالذي قَدَّرَ فَهَدَى) ئینجا دەفەرموێ:

(٤) ئەو پەروەردگارەی تۆ ئەو زاتەیە کە گیاو لەوەڕی
دەرهێناوە بۆ مرۆڤ و بۆهەمو گیانداران و زەوی پێ ڕەنگین کردوەو هەوای پێ پاك کردوەتەوەو کەم کەم ئەو گژوگیایە پێ دەگەن و زەرد دەبن و وشك دەبێتەوەو زەوی جارێکی تر ڕەش دەبێتەوە وەکو دەفەرموێ:

(٥) ئینجاالله ئەو لەوەڕەی کە سەوزی کردبو، ئەوسا
وشکی کردو هەڵیوەراندو بەرگی سەوزی زەویشی لابردو ڕەشی کردەوە، لێرەدا بەکورتی دروست بون و ژیان و نەمانی هێنایە بەرچاومان و پێمان دەفەرموێ: ئەوەی کە بە چاوی خۆتان لە یەك ساڵدا دەیبینن وانەیەکەو بە ئێوەی دەڵێم کە ئێوەش هەروەها دەبن، لەدایك دەبن و کەم کەم دەبن بە مرۆڤی تەواو دیسان کەم کەم دادەبەزن و لەناکاو گیانتان لێ وەردەگیرێت و دەبن بە ئێسك و پروسکێکی هەڕاو بەیەکدا کوتاوو ڕەش دەبنەوە، ئینجا خوای گەورە موژدەیەکی خۆش بە پێغەمبەرمان ﷺ دەدات و دەفەرموێ:

(٦) بەم زوانە ئێمە ئەم قورئانە دەخوێنینەوە بۆت و
ئیتر تۆ لەبیرت ناچێت.

(٧) مەگەر الله خۆی ئارەزۆی لەبیربردنەوەی بکات، بەڵێ
ئەمە مژدەیەکی زۆر دڵخۆشکەر بو بۆ پێغەمبەر ﷺ چونکە زۆر دەترسا لەبیری بچێتەوەو تەنانەت جاری وا هەبوو نەدەوەستا تا جبرەئیل لە خوێندنەوەی ببێتەوە ئەو پەلەی دەکرد بۆ خوێندنەوەی تا الله فەرموی:﴿ هیچ تەکانێك بە زمانت مەدە بۆ ئەوەی پەلەبکەیت بە خوێندنی ئەم قورئانە (مەترسە لە لەبیرچونەوەی) چونکە بەڕاستی ئێمە ئەو قورئانە کۆدەکەینەوەو بۆت دەخوێنینەوە، جا هەر کاتێك ئێمە خوێندمانەوە بۆت لەڕێگای جبرەئیلەوە ئەوسا تۆیش بەدوای خوێندنەوەی

ئەودا بڕۆو/ قیامە: وە فەرموی:﴿ بێگومان ئیمە ئەم قورئانەمان ڕەوانە کردوەو بێشك کە دەیپارێزین ﴾حیجر. بەم شێوەیە خوای میهرەبان پێغەمبەرمانی ﷺ دڵنیاکرد کە ئەم قورئانەی لەبیرناچێتەوە، مەگەر ﷲ خۆی ئارەزۆی لەبیربردنەوەی شتێك لەو قورئانە بکات ئەوەش بە نەسخ دەناسرێت لەلای زانایان، جا زیاتر دڵخۆشی دەکاتو دەفەرموێ: بەڕاستی ئەو دەزانێت بەو شتانەی کە بە ئاشکرا دەیکەن و ئەوەیش کە دەیشارنەوە، واتە هیچی لێ ناشاررێتەوەو ئاشکراو نهێنی لای ئەو یەکسانە، جا تۆیش زیاتر سوربە لەسەر بڵاوکرنەوەی پەیامەکەتو لە فێڵوفڕی دژمنانت مەترسە، چونکە پەروەردگاری تۆ چاودێری تۆیەو هەڵسوکەوتی دوژمنانتی لەبەر چاوە.

(٨) ئێمە تۆ ئامادە دەکەین بەشێوەیەك کە ئەنجامدانی ئیشی چاکەو قسەی خێرت لەلا ئاسان بێتو بەرنامەیەکت پێ دەسپێرین کە ئاسانو چاكو ڕێكوپێك بێت.

(٩) دەی سا تۆش بەردەوامبە لەسەر ئامۆژگاری چ سوودی ببێت ئامۆژگاریەکەتو چ نەیبێت، چونکە بەرنامەی تۆ گەیاندنی پەیامی ئێمەیە بە خەڵكو نەهێشتنی بەهانەی خەڵکە، جا ئەگەر پەیامەکەی لێ وەرگرتیت ئەویش خۆشبەخت دەبێت، جا ئەگەر وەری نەگرت تۆ ئەرکی سەرشانی خۆتت ئەنجامداوەو کابرایش بەهانەی نەماوە بۆ دوارۆژ،

وە دەگونجێت بەم مانایە بێت کە تۆ ئامۆژگاری بکە هەتا ئەو کاتەی کە دەزانیت ئامۆژگاریکردنیان بەسودە و هەر کاتێك زانیت سودی نیە ئیتر ئامۆژگاریکردنیان پێویست نیە لەسەرت واتە: زانیاری خۆت لەبەردەم کەسێکدا دابنێ کە نرخی بزانێت، چونکە هەر ئەو کەسەیە سود لە تۆ وەردەگرێت وەك دەفەرموێ:

(١٠) بەم زوانە پەندو ئامۆژگاری وەردەگرێت لە قسەو ئامۆژگاری تۆ ئەو کەسەی دەترسێت لە ئایندەو پاشەڕۆژی خۆیو دادگای ﷲ

(١١) جا دوردەکەوێتەوە لە ئایەتەکانی خواو ئامۆژگاریەکانی تۆ بەدبەختترینو خراپترین کەس، ئاشکرایە هاتنی مرۆڤ بۆ دنیا بۆ دەرکەوتنی پیاو چاك و پیاو خراپە، وە دوارۆژ لەسەر ئەو دەرکەوتنەیە بەسەر بەهەشت یان دۆزەخدا دابەشدەکرێن.

(١٢) ئەو خراپترین کەسە دەچێتە ناو ئاگری گەورەترەوە.

(١٣) پاشان نامرێت تا لەو سزایە ڕزگاری ببێتو ناژی بە ژیانێکی وا کە سودی هەبێت بۆی بەڵکو ژیانەکەی زیانە بۆی وەك لە سورەتی ئیبراهیم دا دەفەرموێ: ﴿لەهەمو جێگایەکەوە مردن بۆی دێت بەڵام نامرێت﴾ وە هەمان مەبەست لە ئایەتی حەفتاوچواری سورەتی (تاها) دا هاتوە. پاشان دەفەرموێ

(١٤) بەڕاستی ڕزگاربوە ئەو کەسەی کە خۆی لە خراپەو تاوان پاك دەکاتەوە بە پەشیمان بوونەوە لێیانو ئەنجامدانی ئیشی چاك.

(١٥) وە ئەو کەسەیش کە یادی ناوی پەروەردگاری خۆی کرد بێ، جا پێنج نوێژە فەرزەکانی ئەنجام دابێت، هەندێك لێرەدا (تزکی)یان بە زەکاتی سەرچاك کردنەوەی (زکاة الفطر) داناوەو (فَصَلَّىٰ) بەمانای نوێژی جەژن داناوە، بەڵام بە مانای پێشوو گشتی ترەو هەمویان دەگرێتەوە، ئینجا ﷲ ڕوی فەرمودەی دەکاتە بێ باوەڕانو دەفەرموێ:

(١٦) بەڵكو ئێوە ژیانی دنیاو ڕابواردنە كورتەكەی دنیا بۆ خۆتان هەڵدەبژێرنو بە ئەوەوە خۆتان خەریك دەكەن.

(١٧) سا دڵنیابن كە هەر پاشەڕۆژ چاكترەو هەر ئەوە دوانەهاتو.

(١٨) خۆ ئەم بڕیارە لە پەڕەكانی پێشویشدا تۆماركراوە .

(١٩) كە پەڕەكانی ئیبراهیمو موسا یە(سەلامی خوایان لێبێ) واتە ئەوەی كە لەم سورەتەدا هاتوە لە پەڕەكانی ئەو دوو پێغەمبەرەشدا باسكراوە، وتراوە سەدو چوار پەڕە هاتوە دە بۆ ئادەمو پەنجا بۆ شیسو سی بۆ ئیدریسو دە بۆ ئیبراهیمو تەوراتو ئینجیلو زەبورو قورئانیش.

٨٨ سورەتی غاشیە ٢٦

سورەتی غاشیە كە هەشتاو هەشتەمین سورەتی قورئانە، لە مەكەدا هاتوەتە خوارەوە، بیستو شەش ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین نۆهەمین سورەتەو پاش سورەتی (الذاريات)و پێش (الكهف) دابەزیوە، لە پێشەوە وتمان كە پێغەمبەر ﷺ سورەتی ئەعلاو ئەم سورەتەی لە نوێژی جەژنو جومعەدا دەخوێند، پرسیار كرا لە نوعمانی كوڕی بەشیر كە پێغەمبەر ﷺ لە نوێژی جومعەدا لەگەڵ سورەتی (جمعە)دا چیتری دەخوێند وتی: ﴿هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْغَٰشِيَةِ﴾ی دەخوێند}. ئیمامی مالیكو ئیمامی موسلمو بێجگە لەوانیش ئەم فەرمودەیان هێناوە.

بەناوی اللّٰه ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئایا پێتگەیشتوە قسەو باسی ئەوداپۆشەرە واتە: ئایا دەنگوباسی پاشەڕۆژت پێگەیشتوە كە داپۆشەری هەمو خەڵكەو هەمو كەسێك دەگرێتەوەو كەس ناتوانێت ئەو ڕۆژە نەبینێت؟ وشەی (الغاشیە) ناوێكە لە ناوەكانی پاشەڕۆژ، ئینجا هەندێك لە ڕووداوە گرنگەكانی ئەو ڕۆژە سامناكە باس دەكاتو دەفەرموێ:

(٢) كۆمەڵە خەڵكێك هەن كەلەو ڕۆژەدا شەرمەندەو چاوشۆڕن .

بَلْ تُؤْثِرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا (١٦) وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ (١٧) إِنَّ
هَٰذَا لَفِى ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ (١٨) صُحُفِ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ (١٩)

٨٨ سُورَةُ الغَاشِيَةِ ٢٦

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْغَٰشِيَةِ (١) وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ (٢)
عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ (٣) تَصْلَىٰ نَارًا حَامِيَةً (٤) تُسْقَىٰ مِنْ عَيْنٍ ءَانِيَةٍ (٥)
لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ (٦) لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِى مِن جُوعٍ (٧)
وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ (٨) لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ (٩) فِى جَنَّةٍ عَالِيَةٍ (١٠)
لَّا تَسْمَعُ فِيهَا لَٰغِيَةً (١١) فِيهَا عَيْنٌ جَارِيَةٌ (١٢) فِيهَا سُرُرٌ مَّرْفُوعَةٌ (١٣)
وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ (١٤) وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ (١٥) وَزَرَابِىُّ مَبْثُوثَةٌ (١٦)
أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ (١٧) وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ
رُفِعَتْ (١٨) وَإِلَى ٱلْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ (١٩) وَإِلَى ٱلْأَرْضِ كَيْفَ
سُطِحَتْ (٢٠) فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ (٢١) لَّسْتَ عَلَيْهِم
بِمُصَيْطِرٍ (٢٢) إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ (٢٣) فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ
ٱلْأَكْبَرَ (٢٤) إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ (٢٥) ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم (٢٦)

(٣) ئیشكەرو ماندوبون،چونكە ئیشەكانیان ڕاستو دروست نەبوو، ئێستا تەنها ماندوبونیان بۆ ماوەتەوەو دەستیان خاڵیو نائومێدو شەرمەندن لەو ڕۆژەدا

(٤) دەچێتە ناو ئاگری زۆر گەرمەوە،

(٥) كە لە سەرچاوگەیەكی زۆر داخ ئاوی پێ دەدرێت. ئەگەرچی وشەی (خَٰشِعَةٌ ، عَامِلَةٌ ،نَّاصِبَةٌ ،تَصْلَىٰ) بە تاك هاتون، بەڵام چونكە مەبەستی بەو ئەو خاوەن دەمو چاوە شەرمەندەو سەرشۆڕانەیە بۆیە بە كۆ ئەمجارە دەفەرموێ:

(٦) بۆ ئەوان هیچ خواردنێك نیە بێجگە لەو دڕكی حوشتر خوار.

(٧) نە كەس قەڵەو دەكاتو نە كەس لە برسێتی ڕزگار دەكات واتە: ئەویش تەنها سزایەكەو لە برسا پەلاماری دەداتیو بە هەزار حاڵ تا لە گەروی ئاوادەبێت، بەڕاستی زۆربەی ئێمە ئاوەهاینو هەمیشە ماندوین چ ئەوانەمان كە هەمیشە خەریكی ماڵ كۆكردنەوەو عەماركردنینو خواو پاشەڕۆژیان لەبیر نەماوە، چ ئەوانەمان كە خۆی بەناو

دینەوە ماندو دەکات بەڵام لە ڕێگای بیدعەتو خەرافاتەوە،
جێگای ئەوەیە کە ئەم جۆرە کەسانە باش لەم ئایەتانە
وردببنەوەو خۆیان دوچاری ئەم ڕۆژە سامناکەو ئەو
شەرمەندەییو ڕۆژ ڕەشیە نەکەن، ئینجا هەروەکو باوی
قورئان پاش باسکردنی خراپانو سزایان باسی چاکەکارانو
پاداشتیان دەکاتو دەفەرموێ:

(٨) چەند ڕوویەکیش هەیە لەو ڕۆژەدا کە شادمانو
کەیف خۆشە.

(٩) چونکە ڕازیە لەو کۆششەی کە لە دنیادا کردویەتی،
جا ئەو ڕۆژە کە ئەو کۆمەڵە خراپە دەخرێنە ناو ئاگری
سوتێنەرو ئاوی داخەوە، ئەوان خۆشترین خواردنیان پێ
دەدرێتو بە بەرهەمی کرداری خۆیان لەو ڕۆژەدا شادمانن.

(١٠) لەناو بەهەشتی بڵند مەقامدان.

(١١) لەناو ئەو بەهەشتەدا هیچ قسەیەکی بێ سوودو بێ
نرخ نابیستێت ،بەڵکو هەر سەلام کردنو شاد باش بەیەکتر
وتنە، ئینجا خوا بەکورتی باسێکی ئەو بەهەشتە دەکاتو
دەفەرموێ: (١٢) تێیدایە چاوگەی ئاوی گەورە کەهەمیشە
فڕکەی دێت. (١٣) جا لەناویدا تەختگەلی بەرزکراوە هەن.

(١٤) وە گۆزەو پەرداخ گەلی تێدا دانراوە

(١٥) جا پاڵشتی گەلێکی فرەوانی تێدا ڕیزکراوە.

(١٦) خۆ فەرش ڕێژیش کراوە، ئەمانەو سەدان بەڵکو
هەزاران نیعمەتی تر لەو بەهەشتەدا ئامادەکراوە بۆ
پیاوچاکان،وەك لە حەدیسی قودسیدا هاتوە کە خوا
دەفەرموێ: {أعددتُ لِعبادي الصَالحين مالا عينٌ رَأت وَلا أذنٌ سَمِعَت
وَلا خطَرَ عَلَى قَلبِ بَشَر/ البخاري وغيره/ واتە: ئامادەم کردوە بۆ
بەندە چاکەکانم ئەوەی کە چاو نەیبینیوەو گوێ
نەیبیستوەو نەهاتوە بە دڵی هیچ مرۆڤێکدا} بەڕاستی
مرۆڤی داناو ژیر ئەو کەسەیە کە کێبەڕکێ بکات بۆ
بەدەستهێنانی ئەم جێگا بەنرخو پڕ نازو نیعمەتەو لە
هەموی خۆشتر پاش بینینی خوا ئەوەیە کە هیچ ئێشو
ئازارێکی تێدانیەو هەرگیز دوایی نایەت، خوا بیکات بە
نسیب گشت لامان. آمين. ئینجا پاش ئەوەی سەردانێکی
بەهەشتو دۆزەخی پێکردین دەمانهێنێتەوە بۆدنیاو چەند
دروستکراوێکی گرنگی خۆی دەخاتە پێش چاومان تا
چاکتر ئەو زاتە بناسینو باشتر هەوڵی خواناسیو چاکە
بدەینو دەفەرموێ:

(١٧) ئایا تەماشای حوشتر ناکەن کە چۆن دروستبوە؟
بەڕاستی دروستکراوێکی سەرسوڕهێنەرە هەم لە بارەی
چۆنیەتی دروستبونیەوەو هەم لەبارەی هێزو توانای
هەڵگرتنی شتی زۆر قورسو گەردن کەچو رامی بۆ بێ
هێزترین مرۆڤ و گۆشتی دەخورێتو باری پێ
هەڵدەگیرێتو سود لە کورکو شیرەکەی وەردەگیرێت، لە
ڕاستیدا بەنرخترین ماڵی عەرەب بوە، بەتایبەت لەو کاتەدا
کە سەیارە نەبوەو ناوچەکانیشیان کەم ئاو بوە کە حوشتر
دەتوانێت جارێك ئاو بخواتو بەشی چەند ڕۆژێکی
پێویست هەڵگرێ، بەهۆی ئەو کیسە تایبەتەی کە خوا
پێیداوە.

(١٨) جا ئایا تەماشای ئاسمان ناکەن کە چۆن
بەرزکراوەتەوە بێ ئەوەی کۆڵەکەیەکی هەبێت کە ئێمە بە
چاو بیبینینو جوانو نەخشین کراوە بە ڕۆژو مانگو
ئەستێرەکانو هیچ شەقارێکی تێدانیە؟

(١٩) سا ئایا تەماشای چیاکان ناکەن کە چۆن دروستکراون؟
کە بوتە هۆی جوانکردنی زەویو بە هێزکردنیو عەماری
ئاوی زەوی.

(٢٠) جا ئایا تەماشای زەویش ناکەن کە چۆن پان
کراوەتەوەو هەمو شتێکی پێویستی زیندەگی تێدا دانراوە؟
واتە بۆ بیر لەوانە ناکەنەوەو خوای خۆتان بناسنو
گوێڕایەڵو فەرمانبەرداری ببن، خۆ چاك دەزانن ئەم چوار
دروستکراوە کە هەمیشە وەبەر چاوتان دەکەوێتو کراوە
بە ماڵێكو ئێوەی تێدا دەژی هیچی دروستکراوی دەستی
مرۆڤ نیە، بەڵکو مرۆڤ لە ڕاست ئەو چوار دروستکراوە
گرنگەدا سەرسامەو بیر لە کامیان بکاتەوە دەیانو سەدان
شتی گرنگیان تێدا بەدی دەکاتو هەریەکەی بانگەوازی
تاكو تەنیاییو زاناییو دەسەڵاتو دانایی خوا دەکات، خۆ
هەر خۆیان بەسن ئەگەر مرۆڤ ژیری خۆی بخاتەکارەوە بۆ

سەلماندنی تاكو تەنیاییو دەسەلاتی خوا تەنها وەبیرهێنانەوەی دەوێت، بۆیە پاش ئەوانە دەفەرموێ:

(٢١) ئەی محمد تۆ ئامۆژگاری بكەو وەبیریان بخەرەوە بێگومان تۆ بێجگەلە ئامۆژگاریكارێك شتێكی تر نیت.

(٢٢) تۆ زۆرت نیە بەسەر ئەوانداو زاڵ نیت كە ئەوان بەزۆر بخەیتە سەر ڕێگای ئایین، واتە تۆ دڵت نارەحەت نەبێتو خەمیان مەخۆ، چونكە ئەركی سەرشانی تۆ تەنها ئامۆژگاریو ڕاگەیاندنە ، جا ئەوە نەبێ كە ئەوان هەرچی بكەن لە چاكو خراپ هەروەكو یەك تەماشا بكرێن نەخێر وانیە.

(٢٣) بەلام ئەو كەسەی كە پشتی كردبێتە ئایینو بێ باوەڕ بووبێت،

(٢٤) ئەوسا خوا سزایان دەدات بە سزایەكی گەورەتر لەو تاوانانەی كە دەیانكردو لەو ئێشو ئازارانەی كە بۆ خاوەن باوەڕانیان دروست دەكرد لە دنیادا.

(٢٥) بەبێگومان تەنها هەر بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە، هەرچی ببنو هەرچی بكەنو هەچەند بژین هەر دەبێت بێنەوە بەر دەستمان.

(٢٦) لەپاشان بەبێشك پێویستمان كردوە لەسەر خۆمان كە لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا بكەینو سزای خراپەو تاوانیان لێ وەرگرینو پاداشتی چاكەی چاكەكارانیش بدەینەوە.

سورەتی فەجر (٨٩) (٣٠)

سورەتی فەجر كە هەشتاو نۆهەمین سورەتی قورئانە، لە مەكەدا هاتوەتە خوارەوە، سی ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین دەهەمین سورەتە، پاش سورەتی (اللیل)و پێش (الضحی) دابەزیوە.

ئیمامی نەسائی بۆمان دەگێڕێتەوە لە جابیرەوە كە وتی : مەعاز ئیمامەتی كرد لە نوێژێكداو كابرایەكیش هات لەگەڵ ئەودا نوێژی دابەستو مەعاز درێژەی دا بە نوێژەكەیو كابرا چوە كەنارێكی مزگەوتەكەوەو بە تەنیا نوێژی خۆی خوێند، ئەم هەواڵە بە مەعاز گەیشتو

سُورَةُ الفَجۡرِ (٨٩) (٣٠)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلۡفَجۡرِ (١) وَلَيَالٍ عَشۡرٖ (٢) وَٱلشَّفۡعِ وَٱلۡوَتۡرِ (٣) وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ
(٤) هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ (٥) أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ
(٦) إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ (٧) ٱلَّتِي لَمۡ يُخۡلَقۡ مِثۡلُهَا فِي ٱلۡبِلَٰدِ (٨)
وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُواْ ٱلصَّخۡرَ بِٱلۡوَادِ (٩) وَفِرۡعَوۡنَ ذِي ٱلۡأَوۡتَادِ (١٠)
ٱلَّذِينَ طَغَوۡاْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ (١١) فَأَكۡثَرُواْ فِيهَا ٱلۡفَسَادَ (١٢) فَصَبَّ
عَلَيۡهِمۡ رَبُّكَ سَوۡطَ عَذَابٍ (١٣) إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلۡمِرۡصَادِ (١٤) فَأَمَّا
ٱلۡإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكۡرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَكۡرَمَنِ
(١٥) وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيۡهِ رِزۡقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَهَٰنَنِ (١٦)
كَلَّاۖ بَل لَّا تُكۡرِمُونَ ٱلۡيَتِيمَ (١٧) وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ
ٱلۡمِسۡكِينِ (١٨) وَتَأۡكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكۡلٗا لَّمّٗا (١٩)
وَتُحِبُّونَ ٱلۡمَالَ حُبّٗا جَمّٗا (٢٠) كَلَّآ إِذَا دُكَّتِ ٱلۡأَرۡضُ دَكّٗا
دَكّٗا (٢١) وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلۡمَلَكُ صَفّٗا صَفّٗا (٢٢) وَجِاْيٓءَ يَوۡمَئِذِۭ
بِجَهَنَّمَۚ يَوۡمَئِذٖ يَتَذَكَّرُ ٱلۡإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكۡرَىٰ (٢٣)

ئەویش وتی: ئەوە موناففقە، ئەم قسەیە باسكرا بۆ پێغەمبەر ﷺو پێغەمبەریش ﷺپرسیاری لەو كابرایە كرد، ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من هاتوم نوێژی لەگەڵدا بخوێنم، كەچی ئەو زۆر درێژەی دا بەو نوێژەو من توانام نەماو وازم هێناو هاتمە گۆشەیەكی مزگەوتەكەوەو نوێژم كردو هاتمەوە ئاڵفم دا بە ولاغە ئاوكێشەكەم، جا پێغەمبەر ﷺ كاتێ كەئەم قسەیەی بیست بە توڕەییەوە فەرموی: {أفتّان یا معاذ؟ أین أنت من ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ و﴿وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا﴾و ﴿وَٱلۡفَجۡرِ﴾و ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ﴾ / ئەی مەعاز تۆ ئێشو ئازارو بەلا دروست دەكەیت؟ ئەی تۆ بۆ سورەتی (الاعلى)و (الشمس)و (الفجر)و (اللیل) ناخوێنیت؟} بەگوێرەی ڕیوایەتی تر ئەم نوێژە عیشا بوە واتە: سونەتە خوێندنی ئەو سورەتانەبۆ ئیمام لە نوێژی عیشادا.

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بە بەیانی،جا ئیتر دەگونجێت مەبەست هەمو بەیانیەك بێت،چونكە ئەو كاتە كاتێكی پڕ خێرو پیرۆزە بۆ باوەڕداران كە دوو ڕكات نوێژی سونەتی ئەو كاتە لە دنیاو ئەوەی لەناویدایە چاكترە بۆیان، وەكاتی گەڕانەوەی

هێزە بۆ لەشی مرۆڤو ئامادەبونیەتی بۆ دەستپێکردنەوەی ئیشو کاروبارەکانی، دەشگونجێت مەبەست بەیانی ڕۆژی جەژنی قوربان یان بەیانی شەوی هاتنەخوارەوەی قورئان بێت یان مەبەست تەواوی ڕۆژ بێت.

(٢) جا سوێند بە دە شەوەکان، ج دە شەوی سەرەتای مانگی (ذی الحجة) بێت، یان دە شەوی کۆتای مانگی ڕەمەزان بێت کە شەوی قەدری تێدایە، یان مەبەست ئەوانو بێجگە لەوانیش بێت واتە: سوێند بە دە شەوی زۆر گەورە.

(٣) سا سوێند بە جووت وبە تاکیش کە دروستکراو هەموی جووتەو ﷲ خۆی تاکە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: { لِلَّهِ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ اسْمًا مِائَةٌ إِلَّا وَاحِدًا لَا يَحْفَظُهَا أَحَدٌ إِلَّا دَخَلَ الْجَنَّةَ وَهُوَ وَتْرٌ يُحِبُّ الْوَتْرَ /البخاري وغيره/ خوا نەودو نۆ ناوی هەیەو هەرکەسێك لەبەریان بکاتو کاریان پێکات دەچێتە بەهەشتەوەو ئەو تاکەو تاکی خۆش دەوێت}

(٤) ئەوسا سوێند بە شەویش کاتێك کە دەڕوات، جا ج ڕۆیشتنو نەمانی بێت یان مەبەست شەوێکی دیاری بێت کە شەوی جەژنی قوربانو شەوی هاتنە خوارەوەی قورئانو شەوی شەوڕەوی و بەرزبونەوەی پێغەمبەرمان ﷺ بێت، کەلە هەمویاندا ڕوداوی گەورەو گرنگ ڕویداوەو شایانی ئەوەن کە ﷲ بەو سوێندەی بیانخاتەوە بیری مرۆڤ، تا مرۆڤ زیاتر بە بەندایەتی خوای خۆیەوە خەریك ببێتو زیاتر خۆی لە خواوە نزیك بکاتەوە، ئەگەر ژیرو بەفام بێت، بۆیە لەپاش ئەم پێنج سوێندە دەفەرموێ:

(٥) ئایا سوێند هەیە لەوسوێندانە گرنگتر تا سوێندی پێ بخورێت بۆ خاوەنی بیرو ژیر؟ واتە سوێندێکی گرنگتر لەمانە نیە، لێرەدا سوێند لەسەرخوراوەکەی باس نەکردووە، چونکە ئەم باسەی پاش سوێندەکان سوێند لەسەر خوراوەکە ڕۆشن دەکاتەوەو دەتوانین بڵێین سوێند بەوانە بێ باوەڕان، هەرچەند بەهێزبن وەکو: گەلی عادو هەرچەند ستەمکارو بێ بەزەیی بن وەکو فیرعەونو هەرچەند لەناوخۆیاندا بەش بەشبنو لە دژایەتی پێغەمبەرو ئایینەکەی‌و پەیڕەوانی یەکدەست بن وەکو: گەلی سەمود سەرئەنجام تێکدەشکێنو تۆڵەی تاوانەکانیان لێ وەردەگیرێت، ئەوەتە لەپاش ئەو سوێندانە دەفەرموێ:

(٦) ئایا تۆ نەتزانیوە خوای تۆ چی کرد بە گەلی عاد؟ ئەو عادەی کە لە نەوەی

(٧) ئیرەمەو خاوەنی بەژنوبالآی بەرزو ستونی بەرزی ڕەشماڵەکانیان بون کەگەلێکی کۆچەری بوون، ئەم گەلە نەوەی عادی کوڕی ئیرەمی کوڕی عەوسی کوڕی سامی کوڕی نوح بون کە دژایەتی پێغەمبەرەکەی خۆیان کرد کە ناوی (هود ﷺ) بو خوای گەورە ئەو و پەیڕەوانی ڕزگار کردو ئەو گەلەی بە بایەك کە حەوت شەوو هەشت ڕۆژ بێ بڕانەوە لێیدانو لەناوی بردن، لە چەند سورەتێکی تر بە درێژی باسیان کراوە، بەڵام لێرەدا تەنها باسی هێزو توانای ئەوان دەکاتو دەفەرموێ:

(٨) ئەو عادەی کە وێنەی ئەوان تا ئەو کاتەی کە ئەم ئایەتە دابەزیوە نەبوە لە هیچ شارێکدا هەم لە هێزو دەسەڵاتیانداو هەم لە گەورەیی‌و بەهێزی لەشیاندا، ئینجا باسی گەلێکی تر دەکاتو دەفەرموێ:

(٩) ئەی پێتگەیشتوە دەنگوباسی گەلی سەمود، ئەوانەی کە لە شیوەکاندا بەردی گەورەیان دەتاشی‌و شەقیان دەکردو دەیانکرد بەماڵێکی گەورەو خۆش بۆ خۆیان ئەوانە لەجیاتی خانو دروستکردندا لەچیاکاندا ئەشکەوتیان دروست دەکردو دەیانکرد بە ماڵی خۆیانو پێغەمبەرەکەیان ناوی (صالح ﷺ) بو ئەوانیش دژایەتی پێغەمبەرەکەیان کردو ﷲ بە دەنگێك لەناوی بردن، ئینجا باسی گەلێکی تر دەکاتو دەفەرموێ:

(١٠) جا ئایا دەنگوباسی فیرعەونت پێگەیشتوە، ئەو فیرعەونەی کە خاوەنی هێزێکی زۆر بو کە نەیارانی خۆی بە هەر چوارپەل لە هەر چوار لاوە دەبەستەوە بە مێخەوەو بەردی گەورەی لەسەر دادەنان تا دەمردن، ئینجا ﷲ ئەم سیانە دەداتە پاڵ یەك‌و دەفەرموێ:

(١١) ئەو کەسانە بون کە لەناو شارەکاندا دەستدرێژی‌و ستەمیان دەکرد

(١٢) جا ئەمانە لەناوئەو شارانەدا خراپەیان یەکجار زۆر کرد لە داوێن پیسیو بێ رەحمیو دژایەتی پێغەمبەرانو ئازاردانی خەڵك، ئەوەندە تاوانیان کرد خوا ڕقی لێیان هەستاو هەریەکە سزای تایبەتی خۆی بۆ ناردن. وەك دەفەرموێ:

(١٣) جا پەروەردگاری تۆ ڕژاندی بەسەر ئەواندا چەندین جۆر سزا لە دنیاداو بنبڕی کردنو هەر لەو کاتەشەوە چوونەتە ناو ئاگر تا ڕۆژی حیساب دێتە پێشەوەو دیسان دەخرێنە ناو سەختترین سزاوە. وەك لە سورەتی (غافر) (٤٥-٤٦)دا دەفەرموێ: ﴿ هاتەدی بۆئالی فیرعەون خراپترین سزا،کەئاگرە بەبەیانیانو بە ئێوارانداا رادەگیرێن لەسەری و کاتێ کە قیامەتیش هات فرمان دەدرێت کە: ئالی فیرعەون بخەنە ناو سەخت ترین سزاوە﴾ ئینجا دەفەرموێ:

(١٤) بێگومان پەروەردگارت چاودێرەو کردارو وتارو ئاشکراو پەنهانی ئەوانە هەمودەبینێودەزانێو لەپاشدا مافی هەموی دەدات چاك بەچاكو خراپیش بەخراپ، ئینجا خوای میهرەبان مرۆڤ لە بۆچونی ناڕەوا بەرگری دەکاتو دەفەرموێ:

(١٥) کاتێك کە مرۆڤ تاقی بکرێتەوە لەلایەن پەروەردگاری خۆیەوەو ڕێزی لێ بگرێتو نیعمەتی خۆی برژێنێت بەسەریدا ئەو کاتە ئەو بەندەیە مانای تاقیکردنەوە نازانێتو وا دەزانێت ئەم ڕێزو نیعمەتە زۆرە لەسەرنەوە بوە کە ئەو مرۆڤێکی چاکەو دەڵێت: پەروەردگارم منی بەڕێز کردوە، کەچی هەر ئەو مرۆڤە ئەگەر دوچاری تەنگوچەڵەمە بکرێت زۆر بێزار دەبێتو ئاگای لە دروستبونو هاتنی خۆی بۆ ئەم ژیانە نامێنێتو نازانێ ژیان بەخۆشیو ناخۆشیەوە هەر تاقیکردنەوەیەو پاش کەمێکی تر دەبێ بنە وبارگەی خۆی بپێچێتەوەو بەرەو وەرگرتنی پاداشتی تاقیکردنەوەکەی خۆی بڕوات وەك دەفەرموێ:

(١٦) خۆ ئەم مرۆڤە هەر کاتێکیش تاقی بکرێتەوەو ژیانی لێ تەنگ بکرێتەوە دەڵێت: پەروەردگارم سووکی کردم، اللهیش لە وەڵامی هەردوو لادا دەفەرموێ:

(١٧) نەخێر وانیەو ئەو گومانەی مرۆڤ ڕاست نیەو الله ماڵ دەدات بە کەسێك خۆشی بوێتو بە کەسێکیش کەخۆشی نەوێت، وە ژیان تاڵ دەکات لە کەسێك کە خۆشی دەوێتو لە کەسێکیش کە خۆشی ناوێت لە هەردوولا کەسێك دەیباتەوە کە سوپاسی بکاتو بە ئیشەکانی الله ڕازی بێت. ئەوە بەجێگای خۆی کە ئێوە تەنها خۆشیو ناخۆشی خۆتان لەبەر چاوو دەگرنو بەشێوەیەکی هەڵە هەڵیاندەسەنگێنن، ئێوە ئەم ڕەوشتە خراپانەیشتان هەیە یەکەم ئێوە ڕێزی هەتیو ناگرن، لە فەرمودەی پێغەمبەرمان ﷺ دا هاتوە کە دەفەرموێ: { كَافِلُ الْيَتِيمِ لَهُ أَوْ لِغَيْرِهِ أَنَا وَهُوَ كَهَاتَيْنِ فِي الْجَنَّةِ /احمد ومسلم/ سەرپەرستی کەری هەتیوو جگە لەویش منو ئەو لەبەهەشتدا ئاوەهاین بە دوو پەنجەی خۆی (پەنجەی شاهادەتو پەنجەی ناوەڕاست) هیمای کرد}

ئیسلام ئایینی میهرەبانیو خۆشەویستیەودەیەوێ مرۆڤ بەجوانی بژیو کۆمەڵگایەکی بەختەوەری هەبێت، لەبەرئەوەدژی هەموجۆرە ستەمێکە لەوانەماڵی هەتیو بەناڕەوا خواردنەو بەیەکێك لەو حەوت تاوانانەی داناوە کەمرۆڤ لەناودەبات، بەڵام ئەگەر ئەو هەتیوە کابرای سەرپەرستی کەری کەمدەست بو ئەوەتاوان نیە لەوماڵەی بخوات چونکە ئەویش لەم کاتەدا پێویستی بەیارمەتی دان هەیە، دەڵێن جارێك پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەرمان ﷺوتی: من کەم دەستم و هیچم نیە بەڵام هەتیوێکم لایە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموێ: { كُلْ مِنْ مَالِ يَتِيمِكَ غَيْرَ مُسْرِفٍ وَلَا مُبَادِرٍ وَلَا مُتَأَثِّلٍ /ابوداود.الالباني:حسن صحيح / لەماڵی هەتیوەکەت بخۆ بەڵام زیادەڕەوی مەکەو پەلە مەکە بۆخواردنیو هەڵی نەگریت بۆ خۆت} ئینجا باسی ڕەوشتی دووەم دەکاتو دەفەرموێ:

(١٨) جا ئێوە خەڵك هەڵنانێن بۆ خواردن دان بە نیازمەندانو کەمدەستان، واتە پێویستە لەسەر بڕواداران هەروەکو خۆیان چاکە دەکەن خەڵکی تریش هەڵبنێن لەسەر چاکەکردنو نەڵێن ئێمە هەر بەرپرسیاری خۆمانینو بەس. ئینجا خوی سێهەم باس دەکاتو دەفەرموێ:

يَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي قَدَّمۡتُ لِحَيَاتِي (٢٤) فَيَوۡمَئِذٖ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٞ (٢٥)
وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٞ (٢٦) يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ (٢٧) ٱرۡجِعِيٓ
إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرۡضِيَّةٗ (٢٨) فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي (٢٩) وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي (٣٠)

سُورَةُ البَلَدِ (٩٠) (٢٠)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ (١) وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ (٢) وَوَالِدٖ وَمَا وَلَدَ
(٣) لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ (٤) أَيَحۡسَبُ أَن لَّن يَقۡدِرَ عَلَيۡهِ
أَحَدٞ (٥) يَقُولُ أَهۡلَكۡتُ مَالٗا لُّبَدًا (٦) أَيَحۡسَبُ أَن لَّمۡ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ
(٧) أَلَمۡ نَجۡعَل لَّهُۥ عَيۡنَيۡنِ (٨) وَلِسَانٗا وَشَفَتَيۡنِ (٩) وَهَدَيۡنَٰهُ
ٱلنَّجۡدَيۡنِ (١٠) فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ (١١) وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡعَقَبَةُ (١٢)
فَكُّ رَقَبَةٍ (١٣) أَوۡ إِطۡعَٰمٞ فِي يَوۡمٖ ذِي مَسۡغَبَةٖ (١٤) يَتِيمٗا ذَا مَقۡرَبَةٍ
(١٥) أَوۡ مِسۡكِينٗا ذَا مَتۡرَبَةٖ (١٦) ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَوَاصَوۡاْ
بِٱلصَّبۡرِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡمَرۡحَمَةِ (١٧) أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَيۡمَنَةِ (١٨) وَٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ (١٩) عَلَيۡهِمۡ نَارٞ مُّؤۡصَدَةُۢ (٢٠)

سُورَةُ الشَّمْسِ (٩١) (١٥)

(١٩) خۆ ئێوەماڵی میراتیش دەخۆن بە خواردنێکی نادروستو نارەواو بەشی خاوەن مافەکان نادەنو گوێتان لە حەرامو حەڵاڵ نیەو هەر ماڵتان دەست بکەوێت ئیتر بەلاتانەوە گرنگ نیە لەکوێوە بێت ئەوەندە ماڵ خۆشەویستن وەك لەبارەی چوارهەمین خوی خراپدا دەفەرموێ:

(٢٠) جا ئێوە ماڵتان زۆر زۆر خۆشدەوێت بەشێوەیەك لە هەر کوێوەبێت وەریدەگرنو کە ماڵیشتان ببێت عەمباری دەکەنو دەستگیرۆی نیازمەندو کەمدەستان ناکەن. ئینجا خوای خاوەن دڵەکان بەپەلە گەشتێك بە دڵەکان دەکاو رایاندەوەشێنێتو وریایان دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(٢١) بەڕاستی دنیا ئاوا نیە کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە بەڵکو ئەو کاتەی کە زەوی کوتێنراو پانکرایەوەو چیاکانو دەریاکان نەمانو مرۆڤ هەموی زیندوکرایەوەو لە مەیدانی کۆکردنەوەدا ئامادەکران.

(٢٢) جاپەروەردگارت هاتو فریشتەکانیش چین چین وەستان. (چۆنیەتی هاتنی پەروەردگار لە وەسفە کردارپەکانی خوایە وەکو باقی وەسفە زاتیو فیعلیەکانی تری خوا کە باسکراون، سەلامەترین ڕێگا ئەوەیەکەبڵێین: باوەڕمان پێی هەیە بەو شێوەی کە هاتوە،بەڵام چۆنیەتیەکەی نازانین). ئینجا دەفەرموێ:

(٢٣) جا دۆزەخ دەهێنرێتو خەڵك بەچاوی خۆی دەیبینێت، ئەوسا ئەو ڕۆژە مرۆڤ بیردەکاتەوە کە چی کردوەو دەبێت چۆن ڕزگاری ببێت، بەڵام تازە ئەو بیرکردنەوەیە هیچ سودێکی پێ نادات وەك دەفەرموێ: دەی ج سوودێکی هەیە بۆی ئەو بیرکردنەوە، بەڵێ خراپەکاران لەم دنیادا گوێ ناگرن لە قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەرمان ﷺ و هەرچی لە دەستیان بێت لە خراپەو تاوان کۆتایی ناکەن بەڵکو زۆر جار خۆیشیانی پێهەڵدەکێشن لەناو هاوسەرانیاندا، بەڵام خۆ ئەو ڕۆژە ئەو پیاوە نین.

(٢٤) بەڵکو بە شەرمەندەیی‌و ترسەوە دەڵێن: خۆزگە من شتی چاکم بکردایە بۆ ئەم ژیانەم. بەڵێ ئەوانەی کەوا لە دنیادا گوێ لە قورئان و فەرموده ڕاستەکانی پێغەمبەرمان ﷺ ناگرنو گاڵتە بە ڕەوشتو سیمای باوەڕداران دەکەن، لەو ڕۆژەدا قەپ بە دەستی خۆیاندا دەکەنو پەشیمان دەبنەوە لەو ڕەفتارە خراپەیان بەڵام پەشیمان بونەوە هیچ سوودێکیان پێ نادات، جا با بەر لە هاتنی ئەو ڕۆژە بیربکەنەوەو پەشیمان ببنەوە، چونکە خوا زۆر میهرەبانەو پەشیمانبونەوەیان لێ وەردەگرێت ئەگینا کۆتو زنجیرو سزای سەختیان لەبەردەمدایە وەك دەفەرموێ:

(٢٥) جا ئەو ڕۆژە هیچ کەس ناتوانێت سزایەك بدات بە وێنەی ئەو سزا سەختەی ﷲ.

(٢٦) وە هیچ کەسێکیش کۆتو زنجیر ناکات کە سەختتر بێت لەو کۆتو زنجیرەی خوا. واتە: هەمو جۆرە سزاکانی دنیای تاوانباران بۆ چەوەساوەو ستەم لێکراوان بخەیتە سەریەك ناگاتە سەختی سزای ئەو ڕۆژەی خوا بۆتاوانباران، وە هەمو کۆتو زنجیری تاوانبارانی دنیا بۆ ژێردەستەو ستەم لێکراوان ناگاتە ئێشو ئازاری کۆتو زنجیری ئەو ڕۆژەی ﷲ (ﷲ بمانپارێزێت) ئاشکرایە ئەم

سزاو کۆتو زنجیرە بۆ تاوانبارانەو خاوەن باوەڕانی ڕاستەقینە لەو ڕۆژەدا سەربەزو دڵخۆشن‌و چاوەڕوانی جێگای خۆشترو پلەی بەرزتر دەکەن‌و خوا دەفەرموێ:

(٢٧) ئەی گیانە ئارامگرو دامەزراوەکە. (٢٨) بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگار ی خۆت بە ڕەزامەندی بەوچاکانەی کەلە گەڵتا دەکرێت کەرازی دەکرێیتو بەهۆی ئەو چاکانەش کەکردوتە خوات لە خۆت ڕازی کردوە،

(٢٩) دەی بچۆرە ناو بەندە چاكوبەرێزەکانی منەوە

(٣٠) وە بچۆرە ناو بەهەشتی منەوە. هەندێك لە تەفسیرنوسان دەڵێن: ئەم ئایەتە دەربارەی عوسمانی کوڕی عەفان خەلیفەی سێیەمی موسڵمانان دابەزیوەو هەندێکیش دەڵێن: دەربارەی (حمزە)ی کوڕی عەبدولموتەلیب ی گەورەی هەمو شەهیدانەوە هاتوە، دەشگونجێت دەربارەی هەردووکیان دووجار دابەزیبێت. والله أعلم. جا تەماشای ئەو لوتفو ڕێزە گەورە بکەن کە خوا دایناوە بۆ بەندە چاکەکانی. (خوا لەو چاکانەمان حیساب بکات) امین.

سورەتی بەلەد (٩٠) (٢٠)

سورەتی بەلەد کە نەوەدهەمین سورەتی قورئانە لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوەو بیست ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سی‌و پێنجەمین سورەتەو پاش سورەتی (ق)و پێش (تاریق) دابەزیوە.

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) وانیە، سوێند بەم شارە کە مەکەیە .

(٢) جا تۆ ئێستا لەو شارەدای و هەموو خراپەیەك لەو شارەدا قەدەغەیە، کەچی ئەوان ئێش‌و ئازاری زۆر دروست دەکەن بۆ تۆو بە ئازاردانی پەیڕەوانت دڵت بریندار دەکەن، پێغەمبەرمان لە رۆژی فەتحی مەکەدا فەرموی: {فَإِنَّ هَذَا بَلَدٌ حَرَّمَ اللَّهُ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ وَهُوَ حَرَامٌ بِحُرْمَةِ اللَّهِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَإِنَّهُ لَمْ يَحِلَّ الْقِتَالُ فِيهِ لِأَحَدٍ قَبْلِي وَلَمْ يَحِلَّ لِي إِلَّا سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ / متفق عليه/ جا بێگومان ئەمە شارێکە لەورۆژەوە کە خوا ئاسمانان‌و زەوی دروستکردوە هەموجۆرە ستەم‌و کوشتارێکی تێدا قەدەغەکردوەو هەروایش قەدەغەیە بەقەدەغەکردنێکی خوایی هەتا رۆژی قیامەت، بێگومان شەڕ لەوێدا حەڵاڵ نەبوە بۆهیچ کەسێك پێش من‌و بۆ منیش تەنها سەعاتێك لەرۆژ حەڵاڵ بوە} بۆیە هەندێ لە ڕاڤەکاران پێیان وایە مەبەست لە ئایەتەکە ئەوەیە کە شاری مەکە بۆ تۆ: ئەی پێغەمبەر ﷺحەڵاڵ کراوە کە کێت دەوێ لە دوژمنانت دەتوانی لەم شارەدا بیکوژیت جا پێغەمبەر ﷺ لە رۆژی فەتحی مەکەدا فرمانی کوشتنی کەسانێکی دا کە لەوانە ئیبنو خەتەل.

(٣) جا سوێند بە باوكو بە منالەکانی کە ئادەم‌و نەوەکانیەتی، واتە پاش ئەوەی کە خوا سوێندی بەو جێگا پیرۆزە خوارد سوێندی بەو کەسەیش خوارد کە پێشەکی لەو جێگادا بوە کە ئادەم‌و مندالەکانیەتی، هەندێك وتویانە مەبەست پێغەمبەرو ئومەتەکەیەتی وەك لە فەرمودەدا هاتوە کە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{ إِنَّمَا أَنَا لَكُمْ بِمَنْزِلَةِ الْوَالِدِ أُعَلِّمُكُمْ /ابوداود،حسنه الألباني/ من بۆ ئێوە هەر وەکو باوکێك وام کە شارەزایی ئاییتنان دەکەم} هەندێکیش دەڵێن: مەبەستی ئیبراهیم‌و نەوەکانیەتی کە پێغەمبەرمان ﷺ یەکێکە لە نەوەکانی، جا ئەگەر هەروا بە گشتی مانای بکەین هەمویان دەگرێتەوە واتە: سوێند بە مرۆڤ هەر لە ئادەمەوە هەتا کۆتایی نەوەی ئادەم، ئینجا ﷲ پاش ئەو سێ سوێندە دەفەرموێ:

(٤) بەڕاستی مرۆڤمان دروستکردوە بەشێوەیەکی ڕێك و پێكو هەمیشە لە ڕەنج‌و زەحمەت‌و تەلاشدایە هەر لەو کاتەوە کە بەئەندازەی گەردیلەیە کە لە سکی دایکیدا خەریکی تەلاش‌و زەحمەتە بە ڕێنمایی‌و فرمانی خوا هەتا ئەو کاتەی دێتە دنیاو گەورە دەبێت‌و دەمرێت‌و زیندو دەکرێتەوە.

(٥) ئایا وا دەزانێت کەس توانای نیە بەسەریداو خۆی هەرچی بکات‌و بیەوێت نابێ لێپرسینەوەی هەبێت؟ نەخێر وانیەو پرسیاری لێ دەکرێت لە هەمو بابەتێکەوە بە تایبەت لەبارەی ئەو سەروەت‌و سامانەی کە لە دەستیدابوە.

(٤) کەدەڵێت ماڵێکی زۆرم خەرجکردوە، واتە شانازی دەکات بەو هەمو ماڵەی کە لە دنیادا خەرجی کردوەو لەناو خەڵکی دا باسی دەکاتو بەوماڵە لە خۆی بایی دەبێت کە لەم ئایەتەدا پەروەردگار خەرج کردنی ماڵ لە ڕێی دنیا بە "لەناوبردن" ناوی دەبات، چونکە بەراستی هەرماڵێك لەرێی پەروەردگاردا خەرج نەکرێت ئەوە بەراستی لەناو بردنە، جا مرۆڤی ئاوا چۆن بیروبۆچونێکی هەیەو چۆن گومان دەکات.

(٧) ئایائەم جۆرە مرۆڤە وادەزانێت کەس نایبینێت کەچی کردوەو لەچیدا ئەوماڵەی خەرج کردوە؟ ئینجا خوا باسی چەندنیعمەتی گرنگی خۆی دەکاتو دەفەرموێ:

(٨) ئایا ئێمە دوو چاومان بەو نەداوە کە شتیان پێ ببینێت؟ جا دەگونجێت ئەو کەسەی کە چاوی دابێت بە تۆ خۆی چاوی نەبێت کەتۆ ببینێت؟ وتراوە (فَاقِدُ الشَّيء لايُعطِيه/ کەسێ هیچی نەبێت چی دەدات بەخەڵك.)ئاشکرایە ئەوکەسەی کەچاوی بەتۆداوە دەبێ خۆیشی چاوی هەبێت. ئینجا باسی نیعمەتی دووهەمو سێهەم دەکاتو دەفەرموێ:

(٩) وە ئایا ئێمە زمانمان بەو نەداوە کە بتوانێت ئەوەی لەناو دڵیدایە بەجوانی ڕۆشنی بکاتەوە بۆ خەڵكو شتی پێ تام بکاتو تیکەی پێ ئەمدیوو ئەودیو بکات؟ جا ئایا ئێمە دوو لێومان بەو نەداوە کە یارمەتی بدات بۆ جوان قسەکردنو شاردنەوەی ددانەکانیو جوان جواندنی پارو؟ سەرەڕای ئەم نیعمەتە بەنرخانەیش دەستی مرۆڤی گرتووەو ڕاستو خراپی پیشان دەدات وەکو دەفەرموێ:

(١٠) ئەوسا ئێمە ڕێنمایمان کردوە بۆ دوو ڕێگای ڕاستو ناڕاست، چاكو خراپ، دەشگونجێت بە مانای ڕێنمایمان کردوە بۆ مژینی هەردوو مەمکی دایکی بەڵام لە مانای پێشوودا ئەوەش دەگرێتەوە، ئینجا دەفەرموێ:

(١١) ئای ئەو پلە سەختە نابڕن. (١٢) چی تۆی تێگەیاندوە کەئەوپلەسەخت چیە؟ ئینجا مانای ئەو پلە سەختەمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(١٣) ئازادکردنی گەردنە چ بەندە بێتو ئازادی بکاتو چ ئازادێك گرفتار بێتو ڕزگاری بکات چ گەردن ئازادکردنی خەڵك بێت لەمافێك کەبەسەریانەوەیە هەرکامیان بێت ئازادکردنی گەردنەو شتێکی زۆر بەنرخو گرنگە بەوجۆرە ئازاد کردانانە مرۆڤ ئەو پلە سەختە دەبڕێت.

(١٤) یان خۆراکدانە لە ڕۆژی برسێتیو گرانیو تەنگانەدا.

(١٥) بەخزمی هەتیوی، چونکە چاکەکردن لەگەڵ خزمدا دوو سودی هەیە، یەکەم چاکەیەو دووهەم بەجێهێنانی پەیوەندی خزمایەتیە وەکو پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ { الصَّدَقَةُ عَلَى الْمِسْكِينِ صَدَقَةٌ وَهِيَ عَلَى ذِي الرَّحِمِ اثْنَتَانِ صِلَةٌ وَصَدَقَةٌ/النسائي، صححه الألباني/ واتە: چاکە لەگەڵ نەداراندا یەك چاکەیە، بەڵام لەگەڵ خزمدا دووانە، یەك: چاکەیەو دوو: پەیوەندی خزامایەتیە} ، ئینجا دەفەرموێ:

(١٦) یان خۆراك دان بە نەدارێکی بێ کەسوکارو قەرزارو منداڵدار.

(١٧)پاش ئەو ئیشە گرنگانە ئەمەش بزانە کە لەو گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت ئەو چاکەکارە لەو کەسانە بێت کە باوەڕیان هێناوە، چونکە بە بێ باوەڕبون هیچ شتێکی چاك سودی نابێت بۆیو لەلای خوا هیچ نرخێکی نیەو ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بۆ خۆگری لەسەر بەندایەتیو خۆگری لە تاوانو خۆگری لەکاتی تەنگ و چەڵەمەو زیان لێ کەوتندا، وە ئامۆژگاری یەکتر دەکەن لەسەر بەزەیی هاتنەوە بە خەڵکدا، لە فەرمودەدا هاتوە کە: { مَنْ لَا يَرْحَمِ النَّاسَ لَا يَرْحَمْهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ/مسلم وغيره/ هەرکەسێك کە بەزەیی بە خەڵکدا نەیەتەوە خوای دەسەڵاتدار و گەورە بەزەیی بەودا نایەتەوە} .

(١٨) ئەوانەی کە ئەو وەسفە بەنرخانەیان تێدابێت، ئەوانە کەسانێکن کە نامەی کردەوەیان بە دەستی ڕاست پێ دەدرێتو سەرفەرازو بەختەوەر دەبن. جا هەروەکو باوی قورئان مادام باسی چاکەکارانو پاداشتەکانیانی کرد وا باسی خراپەکارانو سزاکانیان بەشێوەیەکی کورت و

جەرگبڕ دەکاتو دەفەرموێ: (١٩) جا ئەوانەی کە بێ باوەڕن بە نیشانەکانی ئێمە ئەوانە هاوڕێی دەستە چەپن واتە نامەی کردارەکانیان بە دەستی چەپ پێ دەدرێتو شەرمەندەو ڕو ڕەشن لەو ڕۆژەدا.

(٢٠) کە ئاگرێك داپپۆشیون هەرگیز لێی ڕزگار نابنو هیچ دەرگایەکی نیە تا هیوای دەرچونیان بێت، وشەی (مؤصدة) بە مانای داگیرکردنو بە مانای داخراو هاتووە. (اللهُ پەنامان بدات لەو ئاگرە، ئامین یارب العالمین).

(٩١) سورەتی شەمس (١٥)

سورەتی شەمس کە نەوەدو یەکەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، پانزە ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین بیستو شەش هەمین سورەتەو پاش سورەتی (القدر)و پێش (البروج) دابەزیوە، لە پێشەوە باسمان کرد کە پێغەمبەر ﷺبە مەعازی فەرمو: ئەی بۆ نوێژت نەکرد بە خوێندنی سورەتی (الاعلی) و(الشمس) و(اللیل)؟.

بەناوی اللهُ ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بەخۆر بە ڕوناکیو ڕۆژەکەیشی.

(٢) جاسوێند بە مانگ کاتێك کە دێت بەدوای ڕۆژدا (خۆر).

(٣) سوێندیش بە ڕۆژ کاتێك خۆر بەتەواوی ئاشکرا دەبێتو دەبێت بەهۆی گەڕانو هەوڵدانی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی بژێویو فێربونو یاد دان.

(٤) سا سوێند بە شەو کاتێك کە ڕۆژ دادەپۆشێتو تاریکایی دێنێتو دەبێت بەهۆی ئارامگرتنو حەسانەوەی مرۆڤ. (٥) سوێندیش بە ئاسمانو سوێند بەو زاتەیش کە ئەوی دروستکردوە.

(٦) جا سوێند بە زەویو بەوزاتەی کە ئەوی ڕاخستوە.

(٧) ئەوسا سوێند بە نەفسو ئەو پەروەردگارەی کە نەفسی ڕێكوپێك کردوەو دایناوە لەسەر بیروباوەڕو خواناسی. وەك پێغەمبەرمان ﷺدەفەرموێ: { يَقُولُ اللهُ عَزَّ وَجَل: وَإِنِّي خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمْ الشَّيَاطِينُ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا (١) وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا (٢) وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا (٣)
وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا (٤) وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا (٥) وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا
(٦) وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا (٧) فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا (٨) قَدْ
أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا (٩) وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا (١٠) كَذَّبَتْ ثَمُودُ
بِطَغْوَاهَا (١١) إِذِ انبَعَثَ أَشْقَاهَا (١٢) فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ
نَاقَةَ اللَّهِ وَسُقْيَاهَا (١٣) فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ
عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنبِهِمْ فَسَوَّاهَا (١٤) وَلَا يَخَافُ عُقْبَاهَا (١٥)

(٩٢) سُورَةُ اللَّيْلِ (٢١)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰ (١) وَالنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ (٢) وَمَا خَلَقَ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ (٣)
إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّىٰ (٤) فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ (٥) وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ (٦)
فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ (٧) وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ (٨) وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ
(٩) فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَىٰ (١٠) وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّىٰ (١١) إِنَّ عَلَيْنَا
لَلْهُدَىٰ (١٢) وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَىٰ (١٣) فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّىٰ (١٤)

فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينِهِمْ / رواه مسلم/ خوای دەسەڵاتدارو بەشکۆ دەفەرموێ: من بەندەکانی خۆمم وا دروستکردوە کە لابدەن لە هەمو چەوتیەكو ڕێگای خواپەرستی بگرن،جا شەیتانەکان هاتنو لایاندان لە ئاینەکەیان).

(٨) ئینجا تێی گەیاند کە چ شتێك ئەو دڵە خراپ دەکاتو چ شتێك پاکی دەکاتەوەو یارمەتیشی دەدات بۆ هەرکامیان کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، یان لە نەفسانی خراپەکار خراپەو لە نەفسانی چاك پاکیو تەقوای دانا، عیمرانی کوڕی حوصەین دەڵێت: دوو پیاو لەخێڵی مۆزەینە هاتنە خزمەتی پێغەمبەر ﷺجا پرسیاریان کرد: ئەی پێغەمبەر ئایا ئەوەی کە خەڵك ئەمڕۆ دەیکەنو هەوڵی بۆدەدەن ئایا لە قەزاو قەدەردا بڕاوەتەوە یان ئەوەیان پێدەگات کەبە هۆی ئەوەی کە پێغەمبەرەکەیان بۆی هێناوەو بەڵگەیان لەسەر تەواو بوە؟ جا پێغەمبەر ﷺ فەرموی: { لَا بَلْ شَيْءٌ قُضِيَ عَلَيْهِمْ وَمَضَى فِيهِمْ وَتَصْدِيقُ ذَلِكَ فِي كِتَابِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا/مسلم وغیره/ نە بەڵکو ئەوە شتێکە کە بڕاوەتەوەو بڕیاری لەسەر ئەوان داروەو ئەوەش کە ئەم ڕاستییە دەسەلێنێت، ئەو ئایەتەیە کە:

﴿سوێند بە نەفسو ئەو پەروەردگارەی کە نەفسی ڕێك‌وپێك کردوە،جا لە نەفسانی خراپەکار، خراپەو لە نەفسانی چاك، پاکیو تەقوای دانا﴾ واتە: پەروەردگار هەمو نەفسەکانی دروستکردوەو لە عیلمو زانیاری ئەودا چاکیو خراپی هەرکامیان دیاری کراوە،جا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نەفسەکان خاوەنی هیچ ئیرادەیەك نین، بۆیە دەفەرموێ:

(٩) بەحەقیقەت ڕزگار بو ئەو کەسەی کە ئەو دڵەی خۆی پاك کردەوە بەخواناسینی راستەقینەوپارێزکاری.

(١٠) وە بە حەقیقەت ڕەنجەڕۆ بو ئەو کەسەی کە جڵەوی بۆ نەفسی خۆی شل کردو چی ویست وا جووڵایەوە. دەبێت ئەوەش بزانین کە چاکەو خراپە بەبێ ئارەزۆو بەبێ هێزی خوا ناکرێت، بەڵام خوا مرۆڤی کردوە بە سەرپشك لە هەڵبژاردنیدا، ئەو سەرپشکیەش ئیرادەو بڕیاری خوایەو بەڵگەی گەورەییو ڕێزی ئەوەی ئادەمە، چونکە زۆری لێ ناکات بۆ لایەکیان، بەڵام پێی ڕاگەیاندوە کە لەسەر چاکەکانت پاداشت هەیەو لەسەر خراپەکانت سزات بۆ هەیە. لە نزایەکی پێغەمبەرمان ﷺ دا هاتوە کە دەفەرموێ: { اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا وَزَكِّهَا أَنْتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاهَا أَنْتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلَاهَا / مسلم،احمد/ ئەی پەروەردگارم پارێزکاری ببەخشی بە نەفسمو پاکی بکەرەوە تۆ چاکترینی هەمو پاکۆکەرانی تۆ سەرپەرشتی ئەویو بەدەست تۆیە کاروباری ئەو} ئینجا خوای گەورە داستانی گەلی سەمودمان بە کورتی بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ:

(١١) بێ باوەڕبون گەلی سەمود بە پێغەمبەرەکەیان بەهۆی خراپیو سەرکەشیانەوە.

(١٢) بەتایبەت لەو کاتەدا کە خراپترین کەسیان دەرپەڕی کەپیاوێك بو و خۆی ئامادەکرد بۆ کوشتنی ئەو وشترەی کەموعجیزەیەك بو لەموعجیزەکانی صالح پێغەمبەر(علیه سلام) کە پێغەمبەرمان لەبارەیەوە دەفەرموێ:{ انْبَعَثَ لَهَا رَجُلٌ عَزِيزٌ عَارِمٌ مَنِيعٌ فِي رَهْطِهِ مِثْلُ أَبِي زَمْعَةَ /البخاري/ پیاوێك هەستا بۆ ئەو ئیشە کە پیاوێکی کەم وێنەو بەشەهامەتو لێهاتو بولەناوگەلەکەی خۆیدا، وەك ئەبو زەمعە}.

(١٣) بەو مەرجەیش کە پێغەمبەرەکەیان پێی وتن :ئەو وشترە لەلایەنی خواوە لەسەر داخوازی خۆتان وەك بەڵگەیەکی گرنگ لەسەر ڕاستی من هاتوەو نەکەن بەنیازی خراپەوەنزیکی ببنەوەو واز لە بەشە ئاوەکەی بهێنن.

(١٤) کەچی ئەوان باوەڕیان بەو نەکردو بەدرۆیان خستەوەو چوون وشترەکەیان سەربڕی ئیتر بەو هۆیەوە خوا ڕقی هەستا لێیانو سزای بۆ ناردن جاچونکە هەمویان بەشدار بون لە دژایەتی سالح داو هەمویان بەو ئیشە ڕازی بون، ئەوسا خوا هەمویانی لەو سزادا بەشدار کردو هەمویانی بەنرکە و ناڵەیەك لەناوبرد.

(١٥) خۆ خوا ناترسێت لە ئایندەی ئەو سزایە کە ناردیە سەر ئەو گەلە تاوانبارە واتە خوا لە تۆڵەی کەس ناترسێت،چونکە کەس ناتوانێت زیان بەو بگەیەنێت.

لێرەدا پێویستە لەسەر ئێمەی موسڵمان بەخۆماندا بچینەوە چونکە هەمومان ئاگامان لە ستەمو تاوانە کانی ئەم سەردەمەیە کە بە شەوو بە ڕۆژ لەدژی خواو پێغەمبەرو ئیسلام موسڵمانان دەکرێتو کەسیش ناڕازی نیە لێیو ڕای خۆی دەرنابڕێت، ئاشکرایە بکوژی وشترەکە یەك کەس بو بەڵام خوا تۆڵەی لە هەمویان وەرگرت چونکە ئەوانیش بەوە ڕازی بون لەراستیدا بێ دەنگی بەڵگەی ڕازی بونە بەوتاوانانە دەی دەبێ چاوەڕوانی سزای سەختی خوابکەین. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ النَّاسَ إِذَا رَأَوْا الْمُنْكَرَ وَلَا يُغَيِّرُوهُ أَوْشَكَ اللَّهُ أَنْ يَعُمَّهُمْ بِعِقَابِهِ/احمد،صححه الألباني/ بەراستی خەڵك ئەگەر خراپەیان بیناو نەیانگۆڕی زۆر نزیکە الله هەمویان بەتێکڕای توشی سزای خۆی بکات}.

(٩٢) سورەتی لەیل (٢١)

سورەتی لەیل یان ﴿وَاللَّيْلِ﴾ کە ئەوەدو دووهەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوەو بیستو یەك ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین نۆهەمین سورەتەو پاش سورەتی (الاعلی)و پێش (الفجر) دابەزیوە. ئەم سورەتە لەو سورەتانەیە کە پێغەمبەرمان ﷺ بە مەعازی فەرمو: بۆ

ئەو سورەتانە ناخوێنی کاتێك پێش نوێژی دەکەیت بۆ خەڵك.

بەناوی اللّٰه‌ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بە شەو کاتێك کە دروستکراوەکانی اللّٰه بە تاریکاییەکەی دادەپۆشێت.

(٢) جا سوێند بە ڕۆژ کاتێك کەئاشکرا دەبێتو زەوی ڕۆشن دەکاتەوە بەروناکییەکەی.

(٣) سوێند بەو کەسەیش کە نێرو مێی دروستکردوە، جا هەروەکو سوێندپێخوراوەکان دژی یەکن (شەو — ڕۆژ، نێر- مێ) هەروا تەلاشو ئیشی بەندەکانی خوا لەیەك جیان،وەکو دەفەرموێ: سوێند بەوانە،

(٤) بێگومان کە تەلاشو کۆششی ئێوە لەیەك جیان، هەتانە بە شەوو ڕۆژ بە خواناسیو چاکەکاریەوە خەریکەو وایشتان تێدایە کە شەوو ڕۆژ بە تاوانو کوفرو خراپەکاریەوە سەرگەرمە جا ئاشکرایە ئەوانە هەروەکو تەلاشەکانیان وەکو یەك نیە نابێت پاداشتەکانیشیان وەکو یەك بێت وەك دەفەرموێ:

(٥) جا ئەو کەسەی کە بەخشی ئەوەی کە داوای لێکراوەو لە خوا ترساو خۆی پاراست لەو شتانەی کە خوا پێی ناخۆشە. (٦) جا باوەڕیشی بە بەهەشتو ئەو پاداشتە گەورەیە هێنابو، وە بۆ گەیشتن بەو شوێنە بەنرخە لە هیچ ئیشێکی چاك کۆتایی نەکردبو، (٧) دەی ئیتر ئێمەیش ئەو ئامادە دەکەین بۆ ئیشی ئاسان کە چاکەو بەندایەتی خوایە، چونکە ئەگەر بیروباوەڕی پاك کرایەوە لە خراپەو شیركو چاك خوای خۆی ناسیو گەڕایەوە سەر ئەو باوەڕەی کە لەسەری بوە کە خواپەرستیە، ئەوسا ئەنجامدانی ئیشی چاك لەلای ئەو کەسە ئاسان دەبێت، وەکو کەسێك وایە بەناو ڕووبارێکدا بەرەو ڕۆیشتنی ڕووبارەکە بڕوات. عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەڵێت: پێغەمبەرمان ﷺ فەرموی:{ مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا وَقَدْ كُتِبَ مَقْعَدُهُ مِنَ النَّارِ وَمَقْعَدُهُ مِنَ الْجَنَّةِ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلَا نَتَّكِلُ عَلَى كِتَابِنَا وَنَدَعُ الْعَمَلَ قَالَ اعْمَلُوا فَكُلٌّ مُيَسَّرٌ لِمَا خُلِقَ لَهُ أَمَّا مَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ السَّعَادَةِ فَيُيَسَّرُ لِعَمَلِ أَهْلِ السَّعَادَةِ وَأَمَّا مَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الشَّقَاءِ فَيُيَسَّرُ لِعَمَلِ أَهْلِ الشَّقَاوَةِ ثُمَّ قَرَأَ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى الْآيَةَ/ متفق عليه/ هیچکام لە ئێوە نیە مەگەر جێگای لە ئاگر و جێگای لە بەهەشت بۆدیاری کرابێ، جا وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەی ئایا پشت نەبەستین بەوەی کە بۆمان دیاری کراوەو واز بهێنین لە کردار؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی: هەوڵ بدەنو کردەوە بکەن جا هەر کەس بۆ کوێ نوسراوە ڕێی بۆ ئاسان دەکرێت، جا ئەوەی کە لە بەختەوەرانە کردارو ئیشی بەختەوەرانی بۆ ئاسان دەکرێت، بەڵام هەرکەس لە بەدبەختان بێت کردارو ئیشی چارەڕەشانی بۆ ئاسان دەکرێت پاشان ئەم ئایەتانەی خوێندەوە:﴿ جا ئەو کەسەی کە بەخشیو لە خوا ترساو باوەڕی بە بەهەشت بو، ئەوسا ئێمەیش ئەو ئامادە دەکەین بۆ ئیشی ئاسان﴾.}

واتە ئەوانە کە باوەڕ دەهێننو ئیشی چاك دەکەن پەروەردگار ئەنجامدانی ئیشی چاکیان بۆ دەڕەخسێنێت، بەڵام ئەوانەی کە دژایەتی ئایین بکەن چونکە دژایەتی بناغەی خۆیانە سەختەو وەکو کابرای ناو ڕووبارەو بەرەو پێچەوانەی هاتنی ڕووبارەکە بڕوات وەك دەفەرموێ:

(٨) خۆ ئەو کەسەی کە ڕژدی کردبێت لەو شتەی کە خوا پێی بەخشیوەو نەیبەخشێت و خۆی بێ نیاز بزانێتو منەتی بەخوا نەبووبێت.

(٩) وە باوەڕی بە بەهەشت نەکردبێت

(١٠) دەی ئیتر ئێمە ئەو ئامادەی هەڵگرتنی باری سەخت دەکەینو وای لێ دێت هیچ خراپەو تاوانێکی لەلا گرنگ نابێتو بێ پسانەوە لە تاوانکردندایەو تاوان، تاوان ڕادەکێشێتو نەفسو شەیتان ئەو تاوانانەی زۆر بۆ جوان دەکەن، تا سەرئەنجام بەو شێوە نالەبارەوە لە دنیا دەردەکرێتو ڕاپێچی گۆڕو لێکۆڵینەوەی دەکەین، جا ئەو کاتە دەزانێ چەندە نەزانو نەفامو گەوج بوە چونکە نە ماڵو نە سامانە زەحمەت بۆکێشراوەکەی نەگەیشتنە فریای، وەك دەفەرموێ:

لَا يَصۡلَىٰهَآ إِلَّا ٱلۡأَشۡقَى ﴿١٥﴾ ٱلَّذِي كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٦﴾ وَسَيُجَنَّبُهَا
ٱلۡأَتۡقَى ﴿١٧﴾ ٱلَّذِي يُؤۡتِي مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن
نِّعۡمَةٖ تُجۡزَىٰٓ ﴿١٩﴾ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ رَبِّهِ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴿٢٠﴾ وَلَسَوۡفَ يَرۡضَىٰ ﴿٢١﴾

سُورَةُ الضُّحَىٰ ٩٣ — ١١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلضُّحَىٰ ﴿١﴾ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ﴿٢﴾ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴿٣﴾
وَلَلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لَّكَ مِنَ ٱلۡأُولَىٰ ﴿٤﴾ وَلَسَوۡفَ يُعۡطِيكَ رَبُّكَ
فَتَرۡضَىٰٓ ﴿٥﴾ أَلَمۡ يَجِدۡكَ يَتِيمٗا فَـَٔاوَىٰ ﴿٦﴾ وَوَجَدَكَ ضَآلّٗا
فَهَدَىٰ ﴿٧﴾ وَوَجَدَكَ عَآئِلٗا فَأَغۡنَىٰ ﴿٨﴾ فَأَمَّا ٱلۡيَتِيمَ فَلَا تَقۡهَرۡ
﴿٩﴾ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنۡهَرۡ ﴿١٠﴾ وَأَمَّا بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثۡ ﴿١١﴾

سُورَةُ الشَّرۡحِ ٩٤ — ٨

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

أَلَمۡ نَشۡرَحۡ لَكَ صَدۡرَكَ ﴿١﴾ وَوَضَعۡنَا عَنكَ وِزۡرَكَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِيٓ
أَنقَضَ ظَهۡرَكَ ﴿٣﴾ وَرَفَعۡنَا لَكَ ذِكۡرَكَ ﴿٤﴾ فَإِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا ﴿٥﴾ إِنَّ
مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرٗا ﴿٦﴾ فَإِذَا فَرَغۡتَ فَٱنصَبۡ ﴿٧﴾ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرۡغَب ﴿٨﴾

(١١) خۆ ماڵەکەی ئەو سوودێکی بەو نەدا نە ئەو کاتەی کە لەناوچووەو نە ئەو کاتەی کە کەوتوەتەناو دۆزەخەوە، ئینجا دەفەرموێ:

(١٢) بەربێگومان ئێمە پێویستمان کردوە لەسەر خۆمان کە ڕێگای ڕاستو ناڕاست لە یەك جیابکەینەوە بۆ بەندەکانمان، ئەوەتە خوای میهرەبان ئەو هەمو پێغەمبەرانەو ئەو هەمو پەڕاوانەی ناردوە بۆ ئەوەی مەردوم چاكو خراپ بزانن‌و هیچ کەس بەهانەی نەبێت لە ڕۆژی قیامەتداو هەر بە وەرگرتنەوەی نامەی کردارەکانی، خۆی دان بنێت بە تاوانی خۆیداو بەرەو جێگای دیاریکراوی مل بنێتو بڕوات،چونکە لە ڕاستیدا هاتنی مرۆڤ بۆ ئەم جیهانە تەنها بۆ تاقیکردنەوەیەو بەس.

(١٣) وە بەبێگومان هەر موڵکی ئێمەیە دوارۆژو ئەمڕۆیش واتە : دنیاو قیامەت هەر موڵکی ﷲیەو کەس بۆی نیە لە موڵکی ئەو زاتەدا بەبێ فرمانی ئەو هەڵس‌و کەوت بکات، جا ئەگەر لە دنیادا مرۆڤ کراوە بە سەرپشكو خۆیەتی ڕێگای ڕاست یان چەوت هەڵدەبژێرێت، چونکە تاقی دەکاتەوە، بەڵام دەبێ بزانێت :

یەکەم: هەرکام هەڵبژێرێت بەبێ مەیلی ﷲ نابێت.

دووەم: هەرکامیانی هەڵبژارد ئەگەر ﷲ یارمەتی نەدات ناتوانێت هیچ بکات، وە لە دوارۆژدا ئەم سەرپشکیەش نامێنێتو تەنها ﷲ خۆیەتی بڕیاردەدات وەك لە سورەتی غافردا دەفەرموێ:﴿ئەوەرۆژێکە کەئەوان دەردەکەون‌و هیچ کەس لەوان لەخوا خۆی ناشارێتەوە، ئەمڕۆ خاوەنیەتی بۆکێیە؟هەربۆ ﷲی تەنهای بەتوانایە﴾ هەر بۆیە ﷲ ی داناو میهرەبان لەو ڕۆژە دەمانترسێنێتو دەفەرموێ:

(١٤) دەی من دەتانترسێنم بە ئاگرێکی بڵێسەدار. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {إنَّ أهونَ أهل النَّارِ عَذَاباً يَومَ القِيامَةِ رَجُلٌ يُوضع فِي اخمص قَدَميه جَمرَتَان يَغلي مِنهَا دَمَاغُه/ البخاری/ بەڕاستی ئاسانترینی سزای خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا پیاوێکە کە دوو پشکۆی ئاگر لەناو پاژنەی پێیدایە کە بەو ئاگرە مێشکی دەکوڵێت} ئینجا ﷲ دەفەرموێ:

(١٥) ناچێتە ناو ئەوئاگرەوە مەگەر ئەو کەسەی کە زۆر بەدبەخت بێت

(١٦) ئەو بەدبەختەیش ئەو کەسەیە کە بێ باوەڕبوە بە خواو بە دوارۆژو بە پێغەمبەران‌و پشتی کردوەتە ئایین، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{كُل أُمَتي يَدخلُونَ الجَنَّة إلا مَن أبَى، قَالُوا: وَمَن يَأبى يارَسُولَ الله؟ قَال: مَن أطَاعَني دَخَلَ الجَنَّة وَمَن عَصَاني فَقَد أبَى/البخاری/ هەمو ئومەتم دەچێتە بەهەشتەوە، مەگەر کەسێك خۆی بەهەشتی نەوێت، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کێ هەیە بەهەشتی نەوێت؟ فەرموی: هەر کەسێك بەگوێی من بکات دەچێتە بەهەشتەوەو هەر کەسێکیش سەرپێچی فرمانی من بکات ئەوە خۆی بەهەشتی نەویستوە}. بەڵێ ئەوانەی کە تاوانبارن خۆیانن بڕیاری نەچونە بەهەشتەوە دەگرن‌و خوایش یارمەتیان دەدات بۆ تاوانکردن، وە ئەوانەش کە بەهەشتیان دەوێت ئەوانیش خۆیانن کۆششی بۆ دەکەن‌و خوایش یارمەتیان دەدات.

١٧ جا بەم زووانە خوا ئەو پارێزکارو لەخواترسانە لەو ئاگرە سەختە دەپارێزێت و دووریان دەخاتەوە بە شێوەیەك کە ناڵەو نرکەی ئەو ئاگرەش نابیسن وەك لە سورەتی ئەنبیا/ دا دەفەرموێ:﴿ بەبێگومان ئەوکەسانەی کە بڕیاری چونە ناوبەهەشتیان بۆ دەرچووە ئا ئەوانە لەو ئاگرەوە دور دەخرێنەوە کە هاژەو هەڵپەیشی نابیسن و ئەوان لەو رۆژەدا بۆ هەمیشە وان لەوجێگایەی کەپێیان خۆشە﴾. ئینجا اللّٰهُ پێناسەیەکی ئەو پارێزکارەمان بۆ دەکات و دەفەرموێ

١٨ ئەو پارێزکارە ئەو کەسەیە کە ماڵی خۆی دەبەخشێت بۆ ئەوەی خۆی و ماڵەکەی پاك بکاتەوە، جا بەو شێوەیە لە تاوان پاك دەبێتەوە، وە دەبێت بە پارێزکار وەك دەفەرموێ:﴿ بێگومان چاکەکان خراپەکان لادەبات، ئەوەئامۆژگارییە بۆئەوانەی کەئامۆژگاری وەربگرن﴾ هود. ئینجا دەفەرموێ:

١٩ وە هیچ کەسێك مافێکی لای ئەو نیەو هیچ حەقی کەسێکی بەسەرەوە نیە، تا ئەو بەخشینەی پاداشتی کابرا بێت و چاکەکەی حەق بەحەق بێت .

٢٠ چاکەو بەخشینەکەی تەنها بە مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگاری بڵند مەقامیەتی و بەس، بەڵێ ئەوەندە دڵپاك و ئیش چاکە خوایش دەفەرموێ:

٢١ بەڕاستی بەم زوانە ئەو مرۆڤە چاکەکارو دڵ و ئیش پاك و چاکە ئەوەندە نیعمەتی اللّٰهی پێ دەدرێت ڕازی دەبێت، زۆرێك لە تەفسیرنوسان دەڵێن: ئەم ئایەتە دەربارەی ئەبوبەکری صدیق دابەزیوە، ئاشکرایە مەبەست هەمو مرۆڤێکە کەئەو ڕەوشتە بەرزانەی هەبێت کە ئەبوبەکر سەرقافڵەیانە، ئەبوهورەیرە دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خواوە ﷺکەدەیفەرمو: { من انفَقَ زَوجين مَن شيء مَن الاشياء في سَبيل الله دُعيَ مَن ابواب مَن الجَنّة –يَا عبدالله هذا خيرٌ/السلسلةالصحيحة/ دەیفەرمو: هەر کەسێك جوتێك لە هەر شتێك ببەخشێت لە ڕێگای اللّٰهُ دا بانگ دەکرێت لە دەرگاکانی بەهەشتەوەو دەوترێت: ئەی بەندەی خوا فەرمو ئەمەیە چاکەکەت} جا هەر کەسێك لە نوێژدا زۆرباش بوو لە دەرگای نوێژەوە بانگ دەکرێت، وەهەر کەسێك لە جیهاددا زۆرچاك بوبێت لە دەرگای جیهادەوە بانگ دەکرێت، وەهەر کەسێکیش لە چاکەکردندا زۆرباش بوبێت لە دەرگای چاکەکردنەوە بانگ دەکرێت، جاهەر کەسێك لە ڕۆژووگرتندا زۆر چاك بوبێت لە دەرگای ڕەییانەوە بانگ دەکرێت. ئەبوبەکر وتی: خۆپێویست نیە کەسێك لەو هەمو دەرگایانەوە بانگ بکرێت هەر دەرگایەکیان بەسەو وتی: (هَل يدعى مِنها كلّهَا أحَدٌ يَا رَسُولَ الله؟ قَالَ: نَعم، وَأرجو أن تَكون منهُم يَا أبابكر/ البخاري/ ئایا کەسێك هەیە لە هەمو دەرگاکانیەوە بانگ بکرێت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ پێغەمبەر ﷺفەرموی: بەڵێ، وە هیوادارم کە تۆ لەوانەبیت ئەی ئەبوبەکر.

٩٣ سورەتی زوحا ١١

سورەتی زوحا یان سورەتی ﴿وَالضُّحَىٰ﴾ نەوەدو سێهەمین سورەتی قورئانەولە مەکەدا هاتوەتە خوارەوەو، یانزە ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین یانزەمین سورەتە کە پاش سورەتی (الفجر)و پێش (الشرح) دابەزیوە، دەڵێن پێغەمبەرمان ﷺ ناساغ بو چەند شەوێك هەڵنەدەستاوە بۆ بەندایەتیکردن، (ئوموجەمیلەی خێزانی ئەبولەهەب) هاتە لای و وتی: ئەی (محمد) وا دەزانم شەیتانەکەت وازی لێ هێناویت، ئینجا اللّٰهُ ئەم سورەتەی ناردە خوارەوە.

بەناوی الله ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

١ سوێند بە چێشتەنگاو کە زەوی بە تەواوی ڕووناك دەبێتەوەو کاتی تەلاشەو کاتی بیرکردنەوەو عیبادەتی ڕاستانە.

٢ سوێند بە شەو کاتێك کە هەمو شوێنێك دادەپۆشێت و کاتی حەسانەوەو ڕازو نیازی دڵ و دەروون پاکانە لەگەڵ پەروەردگاری خۆیاندا، سوێند بەوانە

٣ پەروەردگاری تۆ وازی لەتۆ نەهێناوەو ڕقی لێت نیە.

٤ بەڵکو بەدڵنیاییەوە ئایندەت چاکتر دەبێت لە پێشوت. بەڕاستی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺچاك لە دنیا تێگەیشت و هەمیشە لەبیری ڕۆژی دواییدا بو، ئیبنو مەسعود دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺلەسەر حەسیرێك ڕاکشاو حەسیرەکە

جێگای خۆی کردبوه لەو تەنیشتەی کە بەسەریدا ڕاکشابوو، کاتێك لە خەو هەستا، منیش ئەو لایەی پێغەمبەرم ﷺ تەکاندو وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ خەبەرت پێ نەداین تا شتێکمان ڕاخستایە بەسەر ئەو حەسیرەدا؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: { مَا لِي وَلِلدُّنْيَا مَا أَنَا وَالدُّنْيَا إِنَّمَا مَثَلِي وَمَثَلُ الدُّنْيَا كَرَاكِبٍ ظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا /احمد.السلسلة الصحيحة /من چ ئیشێکم هەیە بە دنیا؟! من لەکوێو دنیا لەکوێ؟! وێنەی منو وێنەی دنیا بێجگە لەوەی کە وەکو سوارێك وایە کە ماوەیەك لە سێبەری درەختێکدا بحەسێتەوە لەپاشان بڕواو درەختەکە بەجێ بهێڵێت شتێکی تر نیە} ئینجا دەفەرموێ:

٥ عەبدوڵای کوڕی عەباس دەڵێت: هەرچی سەرکەوتنی موسڵمانان بو پاش پێغەمبەرﷺبە پێغەمبەر ﷺ نیشاندرا زۆر کەیف خۆش بو، ئینجا خوا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە ﴿سا بەم زووانە پەروەردگارت ئەوەندە شتت پێ دەدات تا ڕازی دەبیت﴾ جا ﷲ لەناو بەهەشتدا یەك ملیۆن کۆشکی پێداوە، لەناو هەمو کۆشکێکدا ئەوەی پێویست بێت لە هاوسەرو خزمەتچی تێیدا داناوە، بەڵێ پێغەمبەری ئازیز ﷺ هەر بەو ژیانە دڵ خۆشبو، بۆیە کاتێك کە لە کۆتایی تەمەنیدا خوا خۆی کرد بە سەرپشك لەنێوان مانەوەی لە دنیادا تا کۆتایی دنیاو لەپاشدا بیخاتە بەهەشتەوە یان گەڕانەوەی بۆ لای ﷲ، کە ئەو دووهەمیانی هەڵبژارد. ئینجا ﷲ چەند نیعمەتێکی خۆی بۆ پێغەمبەرمان ﷺ دەخاتەڕوو و دەفەرموێ:

٦ ئایا تۆ هەتیو نەبویت کە پەروەردگارت جێگای کردیتەوە؟ بەڵێ پێغەمبەرمان ﷺلە سکی دایکیدا بو باوکی وەفاتی کردوەو تەمەنی شەش ساڵان بو کە دایکیشی وەفاتی کردوە،ئینجا باپیری (عەبدولموتەلیب) بردیە لای خۆیو لە تەمەنی هەشت ساڵیدا باپیریشی وەفاتی کرد، ئینجا ئەبوتالیبی مامی بردیە لای خۆیو سەرپەرشتی دەکردو زۆر ڕێزی لێ دەناو بەو شێوەیە تا لە تەمەنی چل ساڵیدا بو بە پێغەمبەرو ئەبوتالیبی مامی هەرچەند هەر لەسەر دینی باوباپیری بو زۆر لایەنگری پێغەمبەری ﷺدەکردو لە هەمو ناخۆشیەکانی ژیانی پێغەمبەردا هاوبەشی کردوە تا ئەویش وەفاتی کرد، ئینجا نەفامو بت پەرستانی قورەیش دەستیانکرد بە ئێشو ئازاردانی خۆیو یارەکانی بەشێوەیەکی زۆر بێ ڕەحمانەولەسنور بەدەر، ئینجا ﷲ جێگای کردەوەو خەڵکی مەدینەی کرد بە یارمەتیدەریو کۆچی کردە ناویان،ئەوانیش بە هەمو شێوەیەك پارێزگاریان لێ دەکرد کە ئەمە هەمو جێگاکردنەوەی ﷲ بو بۆ ئەو مرۆڤە بەنرخە ﷺ ودرودی خوایش لە یارە کۆچەریو یارمەتیدەرکانی بێتو خوا لە ئێمەو ئەوانیش خۆش ببێتو لە بەهەشتی بەریندا بە دیداری ئەو پێغەمبەرە ئازیزەمان ﷺ شادبکات-امین- ئیجا دەفەرموێ:

٧ جا پەروەردگارت تۆی لە نەناسینی ڕێگای ڕاستو ئایینوقورئان ڕزگارکردو ڕێنمایی کردیتو ڕێگای ڕاستی پیشاندایتو ئەم قورئانە بەرێزەی پێدایت،وەکو لە سورەتی (الشوری)دا دەفەرموێ:﴿هەر ئاوەها ئێمە ڕۆحی خۆمان ناردەلات کەتۆ لەپێشدا نە بەم پەڕاوەت دزانی ونەبەم باوەڕە﴾ ئینجا دەفەرموێ:

٨ وە تۆ هەژار بوویت خوا بێ نیازی کردیت. تا هەم پلەی هەژاری خۆگر وەرگریتو هەم پلەی دەوڵەمەندی سوپاسگوزار. دەوڵەمەندی دوو جۆرە: یەکەم، دەوڵەمەندی بەهۆی سەروەتو سامانی زۆرەوە، دووهەم دەوڵەمەندی بەهۆی دڵفرەوانیەوە کەلە کۆتایی تەمەنی پێغەمبەرمان ﷺ ﷲ سەروەتو سامانێکی زۆری ڕژاند بەسەر پێغەمبەر ﷺو باوەڕدارانداو پێغەمبەرمان ﷺ لە حەجیماڵئاواییدا سەد وشتری کردوە بە قوربانی، بەڵام ئەوەی گرنگ بێت دەوڵەمەندی دڵە کە دیسان خوای میهرەبان دڵی ئەو زاتەی وا فەراوان کردبو کە هەرچی بۆ دەهات دابەشی دەکرد بەسەر یارەکانیدا، زۆرجار خۆیو نۆ خێزانی بێ شێو سەریان ناوەتەوەو جاری وابوە دوو مانگ لەو نۆماڵانەی پێغەمبەردا ﷺ ئاگر نەکراوەتەوە، ئەوەتە ئەو زاتە بەڕێزە پەنجە بۆ ئەم خاڵە ڕادەکێشێتو دەفەرموێ: {لَيسَ الغِنى عَن كَثرَةِ العَرَض وَلَكِن الغِنى غِنَى النَّفسِ/متفق عليه/ دەوڵەمەندی بە زۆربونی سەروەتو سامان نیە بەڵکو دەوڵەمەندی دەوڵەمەندی دڵە}، هەروەها پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:

{قَدْ أَفْلَحَ مَنْ أَسْلَمَ وَرُزِقَ كَفَافًا وَقَنَّعَهُ اللَّهُ بِمَا آتَاهُ /رواه مسلم/ بەڕاستی ڕزگاری بوو ئەو کەسەی کە موسڵمان بووەو بەشی خۆی ڕۆزی پێدراوەو قنیات بێ بەوەی کە خوا پێیداوە} ،ئینجا پاش ئەوەی کە ئەم سێ نیعمەتە گەورەی باسکرد بۆ پێغەمبەرمان ﷺ و خستیە بەرچاوی، خوای داناو میهرەبان داوا لە پێغەمبەرمان دەکاتو دەفەرموێ:

(٩) جا کەوابو تۆیش لەبیری هەتیواندا ببەو قسەی توندو سەختیان پێ مەڵێ. ئەبوهورەیرە دەڵێت پیاوێك لە دڵڕەقی خۆی شکاتی بردەلای پێغەمبەر جا پێغەمبەر پێی فەرمو: {إِنْ أَرَدْتَ تَلْيِينَ قَلْبِكَ فَأَطْعِمْ الْمِسْكِينَ وَامْسَحْ رَأْسَ الْيَتِيمِ/أحمد، حسنه الألباني/ گەر دەتەوێت دڵەکەت نەرم بێت جا خوراك بە هەژار بدەو دەست بەسەر هەتیودا بهێنە.} وە داواکاران چ بۆ زانینو چ بۆ سامان کە دێنەلات ڕوویان لێ گرژمەکەو بە قسەی ناشیرینو توند وەڵامیان مەدەرەوە.

(١١) وە تۆ باسی نیعمەتەکانی پەروەردگاری خۆت بکە، واتە پێویستە لەسەرت کە نیعمەتەکانی پەروەردگارت باس بکەیت بۆ خەڵك چ نیعمەتی پێغەمبەرایەتی بێتو چ نیعمەتی یارمەتی خوا بێت بۆ ئەنجامدانی ئیشی چاك تا خەڵك چاوی لێ بکاتو پەیڕەوی بکات، وەچ نیعمەتی پاراستنو فێرکردنو بارهێنانی ﷲ بێت بۆی هەر لە منداڵیەوە تا ئەو کاتەی کەلەدنیاداکۆچی کردوە. یەك لە نزاکانی پێغەمبەر ئەمە بو کە دەیفەرمو: {وَاجْعَلْنَا شَاكِرِينَ لِنِعْمَتِكَ مُثْنِينَ بِهَا قَابِلِيهَا وَأَتِمَّهَا عَلَيْنَا/ابوداود،صححه الألباني / ئەی پەروەردگارم وامان لێبکە کە شوکری نیعمەتەکانی تۆ بکەینو بەچاکە باسیان بکەین و پێشوازی لەو نیعمەتانەت بکەینو بەکەمی نەزانین جا ئەی پەروەردگارم نیعمەتەکانت لەسەرمان تەواو بکە.}

(٩٤) سورەتی شەرح (٨)

سورەتی شەرح کەبە سورەتی ﴿أَلَمْ نَشْرَحْ﴾ یان سورەتی (الإنشراح)یش ناوبراوە،ئەوە ئەوەدو چوارەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوەو، هەشت ئایەتەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین دوانزە هەمین سورەتە کە پاش سورەتی (الضحى)و پێش (العصر) دابەزیوە.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئایا ئێمە دڵی تۆمان فرەوان نەکردو ڕوناکمان نەکردەوە؟ هەندێك وتویانە مەبەست دڵ لەتکردنی پێغەمبەرە ﷺ لەکاتی بەرزکردنەوەی بۆ ئاسمان، کە واتە ئەم سورەتە پاش (میعراج) هاتوەتە خوارەوە، لە فەرمودەیەکدا پێغەمبەر ﷺدەفەرموێ:{ بَيْنَمَا أَنَا عِنْدَ الْبَيْتِ بَيْنَ النَّائِمِ وَالْيَقْظَانِ إِذْ سَمِعْتُ قَائِلًا يَقُولُ أَحَدٌ بَيْنَ الثَّلَاثَةِ فَأُتِيتُ بِطَسْتٍ مِنْ ذَهَبٍ فِيهَا مَاءُ زَمْزَمَ فَشَرَحَ صَدْرِي إِلَى كَذَا وَكَذَا قَالَ قَتَادَةُ قُلْتُ لِأَنَسِ بْنِ مَالِكٍ مَا يَعْنِي قَالَ إِلَى أَسْفَلِ بَطْنِي فَاسْتُخْرِجَ قَلْبِي فَغُسِلَ قَلْبِي بِمَاءِ زَمْزَمَ ثُمَّ أُعِيدَ مَكَانَهُ ثُمَّ حُشِيَ إِيمَانًا وَحِكْمَةً / الترمذي،صححه الألباني/ لەکاتێکدا کە من لەلای بەیتدا لەنێوان خەو وبێداریدا بووم لەوکاتەدا بیستم یەکێك وتی: یەکێکە لەنێوان ئەوسیانەدا جاتەشێکی زێرم بۆهێنرا کەئاوی زەمزەمی تێدابو، جا سینگم لەوێ تا ئەوێی لەتکرا، قەتادە وتی:وتم بەئەنەس مەبەستی کامەیە؟وتی: هەتا خواری سکی، ئەوسادڵم دەرهێنرا، ئینجا دڵم بەئاوی زەمزەم شۆرا، پاشان خراوە جێگای خۆی پاشان پڕ کرا لەباوەڕو دانایی} وە لە ڕیوایەتێکی تردا کە ئیمامی ئەحمەد لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە : وا دەگەیەنێت کە لە تەمەنی دە ساڵیو چەند مانگیدا جارێك دڵی لەتکراوەو دڵی پاك کراوەتەوەو سۆزو بەزەیی تێدا دانراوە، وە هەندێك لەسیرەت نوسانیش دەڵێن: پاش دوو ساڵ لەلای حەلیمەی سەعدیە کاتێك لەگەڵ برا شیریەکەیدا لەلای گێزگەل بو دڵی لەتکراوە، لەڕاستیدا مانای یەکەم هەمویان دەگرێتەوە، واتە لەشو دڵی پاك کراوەتەوەو بێجگە لە ناسودەییو ڕزگاربونی خەڵك لە ناخۆشیو سزاو ڕەزامەندی خوا مەبەستێکی تری لە دڵدا نەبوە هەر بۆیە بە کەمترین ماوە گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئینجا دەفەرموێ:

(٢) جا لامان برد لەسەر تۆ باری گرانت.

(٣) ئەو بارەی کە ئەوەندەقورسو گرانبو پشتی چەماندبویتەوە، ئەوەبو ئەو زاتە بەنرخە ئەو ڕێبازەی گەلەکەی بەلاوە شتێکی پوچو نەزانانەبو، جا هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە کە چارەسەرییەکی بۆ بدۆزێتەوەو

زۆر دلگران‌و خەفەتبار بو لەو بارودۆخەی کە تێیدا دەژیان تا خوای گەورە نیگای (وەحی) کردە لای‌و ڕێگای چارەسەری تێگەیاندو ئەو بارە سەختەی سەرشانی لابردو چاوپۆشی لە هەمو تاوانێکی کرد وەکو لە سورەتی فەتح دا دەفەرموێ:﴿خوا ئەوەی بۆکردیت تالە تاوانی رابردوونایندەت خۆش ببێت‌و نیعمەتی خۆی تەواو بکات بەسەرتاو بۆرێگای راستت ڕێنمایی بکات﴾

(٤) جا ئایا ناوی تۆمان بەرزنەکردوە؟ ئەو مرۆڤە نەخوێندەوارو هەتیوە لەو دورگە وشك‌و کەم سامانەدا ﷲ ناوی ناساند بە هەمو جیهان بۆهەتا هەتایە، وە باوەڕ بەﷲ یش لە کەس وەرناگیرێت تا نەڵێت باوەڕم هەیە بە محمد ﷺ کە پێغەمبەری خوایە (أشهَدُ أن لا إلَه إلّا الله وَأنَّ مُحَمد رَسُولُ الله) لای کەم ڕۆژانە لە هەمو شارو دێهاتێکدا دە جار ئەم ڕستە بەنرخە بە دەنگێکی بەرز دەوترێتەوە، ئینجا دەفەرموێ:

(٥) جا کەوابو بۆت دەرکەوت کە لەگەڵ هەمو ناڕەحەتی‌و تەنگانەیەکدا خۆشی‌و ئاسانی هەیە تۆی بێ باوك‌و نەخوێنندەوارو دڵ تەنگ بگە بەحاڵی گەلەکەت، دیت کە خوای گەورە جێگای کردیتەوەو دڵی فرەوان کردیت‌و تێیگەیاندیت کە چۆن ئەو گەلەت ڕزگاربکەیت، واتە : دوای ئەو سەختی‌و ناڕەحەتیانە تۆی خستە خۆشیەوە، جا ئەم جۆرە باوەی ئێمە (هێنانی خۆشی‌و فەرەحی لەگەڵ ناخۆشی‌و تەنگانەدا) بڕیارێکی هەمیشەییە، بۆیە دوبارە دەفەرموێ:

(٦) بەڕاستی لەگەڵ هەموو ناڕەحەتی‌و تەنگانەیەکدا خۆشی‌و فەرەحی هەیە کە هەردووکیان هۆی تاقیکردنەوەی بەندەکانی خوایەو خۆشی‌و فەرەحی ماوەکەی زیاترە لە کاتی ناخۆشی‌و تەنگانە،

چونکە وشەی (العسر) بە مەعریفەی ناوبردوە واتە: ئەو سەختیەی لەبەرچاوە مانای تاك دەگەیەنێت‌و وشەی (یسر) نەکیرەیەو بۆ زۆر بەکاردێت، یانی ئەمە بەرنامەیەکە کە تەواوی ناڕەحەتیەکان چەندین خۆشی‌و فەرەحیان لەگەڵدایە، بەهەر حاڵ هەرچۆن ببێت مرۆڤ زۆرتر لە خۆشی‌و فەرەحیدایەو کەمتر لە سەختی‌و تەنگانەدایەو لەم بارەوە وتراوە: لَن یَغلِب عسرٌ یُسرین، لَن یَغلب عسر یسرین/ هەرگیز زاڵ نابێت نارەحەتیەك بەسەر دوو خۆشیدا هەرگیز زاڵ نابێت نارەحەتیەك بەسەر دوو خۆشیدا).

(٧) هەر کاتێك لێ بویتەوە لە کاروباری دنیات‌و دڵت ئاسودە بو، جا ئەو کاتە خۆت ماندوبکە بە یادی پەروەردگارت‌و خەریکی عیبادەت بە واتە: لە چاکەیەك بویتەوە خەریکی چاکەیەکی تربە و کاتەکانی تەمەنت بە بێ سود لەدەست مەدە، بۆیە پێغەمبەرمان ﷺ ڕانەدەکشا بۆ ئەوەی بخەوێت بەڵکو خەوی دەهات بۆیە ڕادەکشا، وە دەفەرموێ: {نِعمَتَانِ مَغبُونٌ فِیها کَثیر مِن النّاس، الّصحَةُ وَالفَرَاغ/البخاری/ دوو نیعمەت هەن زۆربەی خەڵك زیانی تێدا دەکەن، لەش ساغی‌و بێ ئیشی} بەڵێ بەندایەتی خواو ئیشی چاکە مەرجێکی گرنگی هەیە تا ئەو مەرجەی تێدا نەیەتەدی کابرا کە خۆی خەریك دەکات تەنها ماندوبونی بۆ دەمێنێتەوە، ئەویش پاڵفتەکردنی نیەتە بۆ خواو ڕاستکردنە لەگەڵ ئەو پەروەردگارە بەئاگاو دانایەدا بۆیە دەفەرموێ:

(٨) ئەوسا تەنها پەروەردگاری خۆت بکە بەجێگای ئومێدو تەنها مەبەستت ئەو بێت‌و کەسی تر نەکەیت بە جێگای ڕازو نیازی خۆت‌و هەر ئەوە ڕزاونیازەکانت بۆ بەراورد دەکات. بەڵێ بەڕاستی هەر کەسێك پشت ببەستێت بەﷲ ئەوسا ئەوزاتەبەسەبۆی.

سُورَةُ التِّينِ ٩٥ ٨

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ ﴿١﴾ وَطُورِ سِينِينَ ﴿٢﴾ وَهَٰذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ ﴿٣﴾
لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ
﴿٥﴾ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٦﴾
فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ ﴿٧﴾ أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ ﴿٨﴾

سُورَةُ العَلَقِ ٩٦ ١٩

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾ اقْرَأْ وَرَبُّكَ
الْأَكْرَمُ ﴿٣﴾ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾ كَلَّا إِنَّ
الْإِنسَانَ لَيَطْغَىٰ ﴿٦﴾ أَن رَّآهُ اسْتَغْنَىٰ ﴿٧﴾ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الرُّجْعَىٰ ﴿٨﴾ أَرَأَيْتَ
الَّذِي يَنْهَىٰ ﴿٩﴾ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰ ﴿١٠﴾ أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَىٰ ﴿١١﴾ أَوْ أَمَرَ
بِالتَّقْوَىٰ ﴿١٢﴾ أَرَأَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٣﴾ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ اللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ كَلَّا لَئِن
لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴿١٦﴾ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ
﴿١٧﴾ سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِب ۩ ﴿١٩﴾

سورەتی تین ٩٥ ٨

سورەتی تین کە بە سورەتی ﴿وَالتِّينِ﴾ یش ناوبراوە، نەوەدو پێنجەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، هەشت ئایەتە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین بیست‌و هەشت هەمین سورەتە کە پاش سورەتی (البروج)و پێش (قریش) دابەزیوە.

بەناوی الله ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بە هەنجیر، سوێند بە زەیتونیش. دەگونجێت مەبەست هەر ئەو درەختە ناسراوانە بن کە بەرەکانیان گەلێك سودی تێدایە بۆ مرۆڤ ، دەشگونجێت ئەو دوو شوێنەبێت کە عیسای تێداکراوە بە پێغەمبەر (محلة التين والزيتون/ گەڕەکی تین‌وزەیتون).

(٢) سوێند بە چیای سەینایش کە خوا قسەی لەگەل موسادا کرد.

(٣) سوێند بەو شارە ئەمن‌و ئاسایشە کە مەکەیەو ماڵی خوای تێدایەو پێغەمبەرمانی ﷺ تێداکراوە بە پێغەمبەر، سوێند بەو چوار شتە گرنگ‌و پڕ مانایە

(٤) بەبێگومان ئێمە مرۆڤمان دروستکردوە لە جوانترین شێوەو دیمەندا.

(٥) لەپاشان هێناومانەتوە بۆ پلەیەکی نزمتر لە هەمو نزمەکان‌و خراپ‌و پەستتر لە هەمو خراپ‌و پەستەکان. واتە : پاش ئەو دیمەنە جوان‌و شیرینەو، پاش ئەو بەژن‌و باڵا ڕێك‌وپێکە، ئەگەر بەندایەتی خوای نەکرد دەیکەن بەو مرۆڤە ناشیرینە کە تەنها ددانێکی بە ئەندازەی چیایەك دەبێت‌و پێستی لەشی حەفتا مەتر ئەستور دەبێت‌و لەناو ئاگردا یاری پێ دەکرێت‌و لە کاتژمێرێکدا سەدوبیست جار ئەو پێستەی دەتوێتەوەو دووبارە بۆی دروست دەکرێتەوە،تا سزای زیاتر بچەژێت‌و سەرشۆڕو داماوو گاڵتە پێکراو بێت

(٦) بێجگە لەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو ئیشی چاکیان ئەنجامداوە، ئەوانە نەوەك دوچاری ئەو ژیانە پەست‌و تاڵ‌و ناخۆشە نابن،بەڵکو بۆ ئەوان هەیە پاداشتێکی هەرگیز نەبڕاوە.

(٧) دەی ئیتر دەبێت چ شتێك بێت دوای ئەم هەمو بەڵگە ڕۆشن‌و بەهێزانە لەسەر دەسەڵات‌و هێزی الله وابکات لە تۆ ئەی مرۆڤ کە باوەڕت بە ڕۆژی قیامەت نەبێت‌و زیندوکردنەوەت بەلاوە دووربێت؟

(٨) ئایا الله لە هەمو دادپەروەران‌و دەسەڵاتداران دادپەروەرو دەسەڵاتدارتر نیە؟ ئاشکرایە وەڵامی بەویژدان‌و خواناسان ئەوەیە کە دەڵێن: بەڵێ، دەی چونکە خوا دادپەروەرە دەبێت قیامەت‌و زیندوکردنەوە هەبێت تا خوا مافی هەمو مافخوراوان‌و پاداشتی هەمو پیاوچاکان‌و تۆڵە لە هەمو ستەمکاران وەرگرێت،

جا باش وایە ئەو کەسەی ئەم ئایەتە دەخوێنێت یان گوێی لێبێت بخوێنرێت بڵێ: (بَلَى وَأَنَا عَلَى ذَلِكَ مِنَ الشَّاهِدِينَ/ بەڵێ خوا لە هەمو دادپەروەران‌و دەسەڵاتداران دادپەروەرترو دەسەڵاتدارترەو من لەسەر ئەوە شایەتی دەدەم).

(٩٦) سورەتی عەلەق (١٩)

سورەتی عەلەق کە نەوەدوشەشەمین سورەتی قورئانە، یەکەم سورەتە کە لە ئەشکەوتی حیرا لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرمان ﷺ و نۆزدە ئایەتە.

خێزانە بەڕێزو زاناکەی پێغەمبەرمان ﷺ خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: یەکەم شتێك کە لەبارەی وەحیەوە هاتوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو خەوە ڕاستانە بو کە لە خەودا دەیبینیو هیچ خەوێکی نەدەبینی مەگەر ئەو خەوە وەکو خۆی بهاتایەدی، لە پاشان تەنهایی بەلاوە خۆشتربو لەبەرئەوە هەمیشە دەچوە ئەشکەوتی حەراو خەریکی بەندایەتی ﷲ بو جا بۆ چەند شەوێكو توێشوی دەبرد لەگەڵ خۆیداو هەر کاتێك توێشوەکەی دوایی دەهات دەهاتەوە ماڵەوە بۆلای خەدیجەو دیسان توێشوی بۆ ئامادەدەکردو دەگەڕایەوە ئەو ئەشکەوتەو هەتا تەمەنی گەیشتە چل ساڵ، شەوێك فریشتەیەك هاتەلای و وتی: بخوێنە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: منیش وتم : من خوێندەوار نیم،

ئینجا دەفەرموێ: گرتمیو گوشیمی بەخۆیەوە هەتا زۆر ناڕەحەت بوم لەپاشان بەرەڵای کردمو وتی: بخوێنە، وتم: من خوێندەوار نیم هەم گوشیمی بەخۆیەوەو ئێشم پێ گەیشت لەپاشان بەرەڵای کردم وتی: بخوێنە، منیش وتم: خوێندەوار نیم، جا جاری سێهەم توند گوشیمی بەخۆیەوە تا زۆر ناڕەحەت بوم لەپاشان بەرەڵای کردمو وتی: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ﴾هەتا گەیشتە ﴿عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ﴾. عائیشە وتی: بەو چەند ئایەتەوە گەڕایەوە کە دەماری ملی بەتوندی لێی دەدا تا هاتەوە لای خەدیجەو فەرموی: (زەملونی، زەملونی)/ دامپۆشن دامپۆشن)،جا دایان پۆشی هەتا ئەو ترسو سامە لە دڵی دەرچو، ئینجافەرموی: ئەی خەدیجە چی بوو رویدا؟ جا هەواڵەکەی بۆ باسکردو فەرموی: من لەخۆم دەترسم، خەدیجەیش خوا لێی رازی بێت وتی: نەخێر مەترسە، بەڵکو موژدە بدە، بەﷲ هەرگیز ﷲ تۆ شەرمەندە ناکات، چونکە تۆ پەیوەندی خزماتیەتی دەپارێزیو قسەت ڕاستەو بۆ خۆت خۆت زەحمەت دەدەیت وهەر وەها ڕێزی میوان دەگریت، وە تۆ یارمەتی لێقەوماوان دەدیت لەپاشان خەدیجە لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺچونە لای وەرقەی کوڕی نەوفەل کە ئامۆزای خەدیجەبو، چوبوە سەر ئایینی عیسا و نوسینی عەرەبی دەزانیو گەلێك نوسخەی ئینجیلی بە عەرەبی نوسیبویەوەو بەساڵدا چوبو هەردوو چاوی لەدەستدا بو، جا خەدیجە (ڕەزای خوای لێبێت) وتی: ئەی کوڕی مامم گوێ بگرە لە برازاکەت وەرەقەیش وتی: ئەی برازام چیت بینیوە؟ ئەویش ڕوداوەکەی بۆ باسکرد، وەرەقەیش وتی: ئەوە ئەو فریشتەیە کە هاتوەتە لای موسا، ئای خۆزگە من لە سەردەمی ئەم پێغەمبەرایەتیەدا گەنج بومایەو بمتوانیایە کاتێك کە ئەم گەلەت دەرتدەکەن یارمەتیم بدایتایە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی:{ ئایا دەرم دەکەن؟} وەرەقە وتی: بەڵێ، هیچ پیاوێك بە ئەو فرمانەی کە بەسەر تۆدا دراوە نەهاتوە مەگەر دوژمنایەتی لەگەڵدا کرابێت، خۆ ئەگەر من بەو ڕۆژەی تۆ بگەم یارمەتیەکی چاکت دەدەم، زۆری نەبرد وەرەقە وەفاتی کردو وەحیش بچڕاو پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر خەفەتی دەخواردو زۆر ناڕەحەت بو، هەتا خەریکبو خۆی لە چیا هەوادات، بەڵام هەر کاتێك بەو حاڵ وبارە دەگەیشت، جبرەئیل خۆی پیشان دەداو دەیوت: بەڕاستی تۆ پێغەمبەری خوایت، جا بەو هۆیەوە ئارامی دەگرتو دەگەڕایەوە بۆ ماڵ، دەڵێن چەند جارێك لەو ماوەدا ئەم شتە دووبارەبوەتەوە بۆیان، ئینجا دەچینە سەر مانای سورەتەکە.

بەناوی ﷲی زۆربەسۆزو بنیهایەت میهرەبان

(١) بخوێنە بەناوی پەروەردگارتەوە ئەوەی کە دروستی کردوە، لێرەدا دروستکردنی فەرموە بێ ئەوەی ناوی دروستکراوەکان ببات تا هەروا بەو مانا گشتیە بمێنێتەوە، ئەگینا ئەگەر تەنها هەر ناوی دروستکراوەکانی بفەرموایە بە چەندین ئەوەندەی قورئان تەواو نەدەبو، جا ﷲ لە ناو ئەو هەمو دروستکراوانەدا باسی دروستکردنی مرۆڤ دەکات بەشێوەیەکی کورتو دەفەرموێ:

(٢) مرۆڤی دروستکردوە لە پارچە گۆشتێکی ڕەشی درێژ وەکو زالو(زەرو)، دیارە لە شوێنەکانی تردا بە درێژی باسی ئەم دروستکردنەی کردوە بە تایبەت لە ئایەتەکانی

سەرەتای سورەتی (المؤمنون)داو پێویست ناكات لێرەدا دووبارەی بكەینەوە، بەڵام ئەوەی جێگای قسەیە ئەوەیە كە لێرەدا باسی دروستبونی مرۆڤ دەكات لەو كاتەی كە لە شێوەی زالودا بوە، چونكە لەپاشان باسی خوێندنو نوسین دەكات بۆ مرۆڤ: واتە تۆ ئەو شتە بێ نرخو بێ دەستو پێ و بێ چاوو گوێ بوی، كەچی ئێمە ئەو هەموو شتە بەنرخانەمان دا بەتۆو تۆ ئێستا دەتوانی داناو زاناو ژیربیتو كراوی بە سەرپشك بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای چاكو خراپو توانای ئەوەت پێدراوە كە چاكو خراپ لەیەك جیابكەیتەوە، دەی بەمە لەخۆ بایی مەبە، تەماشای ئەو كاتەت بكە كە تۆ وەكو كرمێكی ڕەش بێ هۆشو گۆش بویت ﷲ ئەو لوتفە گەورەیەی لەگەڵ تۆدا كردو كردیتی بەم مرۆڤە ژیرو زانایە بەهۆی خوێندنو قەڵەمەوە وەك دەفەرموێ:

(٣) بخوێنە، خۆ پەروەردگاری تۆ زۆر بەڕێزەو خاوەن بەخششە.

(٤) ئەو زاتەی كە مرۆڤی فێری زانیاری كرد بەهۆی قەڵەمەوە، بەڵێ ئەگەر نوسینو قەڵەم نەبوایە مرۆڤ بەو پلە بەرزەی زانایی نەدەگەیشت تەنها ئەو كەسەی كە ﷲ بەتایبەت ڕێنمایی بكردایەو خۆی فێری بكردایە كە پێغەمبەرمان ﷺ نمونەی هەرە بەرزو گرنگو ڕوونی ئەو جۆرە فێركردنەیە واتە: وشەی (علم بالقلم) گشتیەو تایبەتكراوە (عام مخصوص) بەپێغەمبەرمان ﷺ تەنانەت ماوەی پێنەدراوە كە شت بنوسێت یان لە ڕوی كاغەز شت بخوێنێتەوە وەك لە سورەتی عەنكەبوت: (٤٨)دا دەفەرموێ:﴿تۆلەپێش ئەوقورئانەدا هیچ پەڕاوێكت نەخویندوەتەوەوبەدەستی ڕاستت هیچ شتێكت نەنوسیوەئەگەر ئەوەت لەپێشدا ببوایە ناحەقان دەكەوتنە گومانەوە﴾،

(٥)مرۆڤی فێری شتی وا كردوە كە خۆی هیچی لێ نەدەزانی.

(٦) نەخێر وانیە، مرۆڤ زوو چاكەی لەبیردەچێتەوە، ناسوپاسە بەڕاستی مرۆڤ لەخۆی بایی دەبێتو لوت بەرزی دەكاتو هیچ نرخێك بۆ مرۆڤی خواروی خۆی دانانێت.

(٧) كاتێك كە خۆی بینی بێ نیازەو خاوەن دەسەڵاتو ماڵو سامانە. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:{ مَنْهُومَانِ لاَ يَشْبَعَانِ مَنْهُومٌ فِي الْعِلْمِ لاَ يَشْبَعُ مِنْهُ وَمَنْهُومٌ فِي الدُّنْيَا لاَ يَشْبَعُ مِنْهَا/مشكاة.صححه الالباني/ دووچڵێس هەن كەتێر نابن، چڵێسێك لەبارەی زانینەوە كە تێر نابێت لێی،وە چڵێسێكی كەش كە لەبارەی دنیاوە تێر نابێت لێی}لەراستیدا یەكەمیان چاكەومەترسی كەمە، دووهەمیان زۆر لەمەترسیدایە، چونكە دنیا زۆر زوو مرۆڤ فریو دەدات،چونكە مرۆڤ لەناخی خۆیدا وایە كەزوو لەخۆی بایی دەبێت، كاتێك كە خۆی بینی بێ نیازەو خاوەن دەسەڵاتو ماڵو سامانە. جا پەروەردگاری داناو میهرەبان بەزەیی بەو مرۆڤە سەركەشەدا دێتەوەو لە پاشەڕۆژ دەیترسێنێت بەڵكو بیربكاتەوەو پاشەڕۆژی خۆی خراپ نەكاتو دەفەرموێ:

(٨) بەڕاستی تەنها بۆلای پەروەردگاری تۆیە گەڕاندنەوە هەرچۆن ببیو هەرچی بكەیتو هەر چیت هەبێت هەردەبێ بگەڕێیتەوە بەردەم دادگای خواو پاداشتو تۆڵەی كردارەكانی خۆت وەرگریت، جا هەر لە پێڕی ئەو جۆرە مرۆڤە ناسوپاسانەدا كەسانێك هەن كە ڕێگای خواپەرستیو بەندایەتیش لە خەڵك دەگرنو دەبنە كۆسپ لە ڕێگای بڵاوكردنەوەی ئایینی خواداو دۆستانی خوا ئازاردەدەن وەك دەفەرموێ:

(٩) ئایا دیت ئەو كەسەی كە بەرگری دەكات،

(١٠) لەبەندەیەكی ﷲ ئەو كاتەی كە نوێژی دەكات، واتە بۆچی دەبێت ئەوەندە تاوانبارو ستەمكارو نەفام بێت زیاتر هەڕەشەی لێ دەكاتو دەفەرموێ:

(١١) دەی پێم بڵێ ئەو بەندە لەسەر ڕێگای ڕاست بێتو كاری ڕاست ئەنجام بدات

(١٢) یان فرمان بدات بە پارێزکاریو لەخواترسان، تۆ ئەی ستەمکاری نەفام هەڕەشەی لێ دەکەیتو ڕێگای بەندایەتی لێ دەگریت

(١٣) پێم بڵێ ئەگەر ئەو بێ باوەڕ بوایەو پشتی بکردایە ئایین تۆ ئاوەها لەگەڵیدا دەجوڵایتەوە؟ ئاشکرایە ئەگەر لەو مرۆڤە بێ باوەڕو خوانەناسان بوایە ئەو ئێشو ئازارەی بۆ دروست نەدەکرد، بۆیە ﷲ زیاتر هەڕەشەی لێ دەکاتو دەفەرموێ:

(١٤) ئایا نازانێت کە خوا چاوی لێیەتیو ئاگای لە هەموو هەڵسوکەوتێکی هەیەو دەزانێت دژمنانی چی لەگەڵ دۆستانی دەکەن واتە: بۆ کوێ دەچنو چی دەکەن، هەر دەبێت بگەڕێنەوە بۆ لای ئێمەو ئێمەیش چاومان لێیەتی چی دەکەن. بۆیە دەفەرموێ:

(١٥) نەکەن شتی ئاوەهاو بگەڕێنەوەو تەوبەی لێ بکەن بەڕاستی ئەگەر واز لەو خراپەکاریو تاوانە نەهێنێت با دڵنیابێت کەبەتوندی لەناوچاوانی دەدەنو بەرەو دۆزەخ ڕایدەکێشن، کام ناوچاوان؟

(١٦) ناوچاوێکی درۆزنی تاوانبار. (١٧) جا با ئەو بانگ بکاتە یارو دۆستو هاونیشەکانی، چی دەتوانێت با بیکات بێ منەت بێت.

(١٨) بەم زوانە ئێمەیش بانگ دەکەینە دەرگاوانی دۆزەخ بۆی، جا ئەو کاتە دەزانێت کاممان بەهێزین.

ئیبنو عەباس دەڵێت: جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ لەلای مەقامدا (جێگای ئیبراهیم) نوێژی دەکردو ئەبوجەهل بەلایدا تێپەڕیو وتی: ئەی محمد مەگەر من پێم نەوتیت نەیەیتە ئەم جێگایە، پێغەمبەری خوا ﷺ بەتوندی وەڵامی دایەوەو هەڕەشەی لێکرد، جا ئەویش وتی: ئەی محمد تۆ بەچی هەڕەشەم لێ دەکەیت؟ ئاگاداربە من لە هەموو خەڵکی ئەو شیوە هاوڕێو هاونیشم زۆرترە! ئینجا ﷲ ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە ﴿دەی با بانگ بکاتە هاونیشانانی خۆی. ئێمەش بانگ دەکەینە دەرگاوانی دۆزەخ﴾، ئیبنو عەباس وتی: ئەگەر بانگی بکردایە هاونیشەکانی بەڕاستی فریشتەکانی سزا هەر لەو کاتەدا بەسەریاندا دەداو لەناویان دەبرد. ئینجا ﷲ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:

(١٩) نەکەیو بەگوێی نەکەیت لە بەندایەتی ﷲداو پاشەکشە نەکەیت، جا لە هەر شوێنێکیشدا دەتەوێت نوێژ بکەو مەترسە لێی، خوا یارمەتیدەرو پارێزگارتە، نوێژبکەو لە خواوە خۆت نزیك بکەرەوە، مەبەست لە وشەی (سوجدە) نوێژە، بەڵام بەناو بەشێکیەوە نابراوە کە زۆر گرنگەو کاتی زۆر نزیکبوونەوەی بەندەیە لە ﷲوە، واتە دوژمنان دەیانەوێت تۆ لە خواپەرستی دوربخەنەوە، جا تۆ زیاتر خۆت نزیك بکەرەوە، هەر لەم بارەوە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: { أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ/مسلم/ نزیکترین کاتی بەندە لە پەروەردگاری خۆیەوە ئەو کاتەیە کە لە سوجدەدایە دەی پاڕانەوەی زۆر بکەن لەو کاتەدا}

سوننەتە پاش خوێندنی ئەم ئایەتە سوجدە ببرێت وەکو لە سەرەتای سورەتی (الانشقاق)دا باسمان کرد، جابەچاکی دەزانم لێرەدا ژمارەی سوجدەکانی قورئانو سورەتەکانیو شوێنی سوجدە بردنەکان باس بکەم تائیتر پێویست نەکات بەباس کردنیان، لەپانزە جێگای قورئاندا سوجدەبردن سوننەتە، ئەمەش جێگاکانیەتی لەگەڵ ناوی سورەتەکەدا: {عَنْ إبن مسعود أنَّ النَّبِي ﷺ قَرَأَ (وَالنَجمِ) فَسَجَدَ فِيهَا، وسَجَدَ مَنْ كَانَ مَعَهُ غَيْرَ أَنَّ شَيْخاً مِنْ قُرَيشْ أَخَذَ كَفاً مِنْ حَصَى، أَوْ تُرابٍ فَرَفَعَهُ إلى جَبْهَتِهُ، وَقَالَ: يَكْفِيني هَذَا، قَالَ عَبْدالله: فَلَقَدْ رَأَيْتُهُ بَعْدُ قُتِلَ كَافراً/ متفق عليه }

لە عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە هاتوە، کە پێغەمبەر ﷺ سورتی (النجم)ی خوێندەوە، لە کۆتاییەوە سوجدەی بردوە، هەر کەسێکی لەگەڵ دابو سوجدەی برد بێجگە لە پیرێکی قوڕەیش، کە پڕ مشتێ وردە بەرد یان خۆڵی هەڵگرتو بردیەوە لای ناوچاوانیو وتی: ئەوەندە بەسە بۆ من، عەبدوڵا وتی: بەڕاستی ئەو کابرایەم دی لە پاشدا بەکافری کوژرا}. بەڵێ (١٥) شوێن هەیە لە قورئان دا سوننەتە سوجدەیان تێدا ببردرێت.

١ـ کۆتایی سورەتی(الأعراف) لەکاتی خوێندنی(وَاذْكُر رَّبَّكَ

فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ الْغَافِلِينَ (٢٠٥) إِنَّ الَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيُسَبِّحُونَهُ وَلَهُ يَسْجُدُونَ (٢٠٦)).

٢ـ لە سورەتی(الرعد) لە کاتی خوێندنی (وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مِن دَابَّةٍ وَالْمَلَائِكَةُ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ (٤٩) يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ (٥٠)).

٣ـ لە سورەتی (الإسراء) لە کاتی خوێندنی (إِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا (١٠٧) وَيَقُولُونَ سُبْحَانَ رَبِّنَا إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا (١٠٨) وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا (١٠٩)).

٥ـ لە سورەتی (مريم) لە کاتی خوێندنی (إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَٰنِ خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا).

٦ـ لە سورەتی (الحج) لە کاتی خوێندنی (أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ النَّاسِ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ الْعَذَابُ وَمَن يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّكْرِمٍ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ) ١٨.

٧ـ لەسورەتی (الحج) لە کاتی خوێندنی (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٧٧)).

٨ ـ لە سورەتی (الفرقان) لە کاتی خوێندنی (وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اسْجُدُوا لِلرَّحْمَٰنِ قَالُوا وَمَا الرَّحْمَٰنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا) ٦٠.

٩ـ لە سورەتی (النمل) لە کاتی خوێندنی (أَلَّا يَسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي يُخْرِجُ الْخَبْءَ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُخْفُونَ وَمَا تُعْلِنُونَ (٢٥) اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ (٢٦)) ٢٦.

١٠ـ لە سورەتی (الم تنزيل) لە کاتی خوێندنی (إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّدًا وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ (١٥)).

١١ـ لە سورەتی (ص) لە کاتی خوێندنی (قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ الْخُلَطَاءِ لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ وَظَنَّ دَاوُودُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ

٩٧ سُورَةُ الْقَدْرِ ٥

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ (١) وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ (٢)
لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ (٣) تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ
فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ (٤) سَلَامٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ الْفَجْرِ (٥)

٩٨ سُورَةُ الْبَيِّنَةِ ٨

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ
حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ (١) رَسُولٌ مِّنَ اللَّهِ يَتْلُو صُحُفًا مُّطَهَّرَةً (٢)
فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ (٣) وَمَا تَفَرَّقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِن
بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَةُ (٤) وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ
لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَٰلِكَ دِينُ
الْقَيِّمَةِ (٥) إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ
فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أُولَٰئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ (٦) إِنَّ
الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُولَٰئِكَ هُمْ خَيْرُ الْبَرِيَّةِ (٧)

رَاكِعًا وَأَنَابَ (٢٤)).

١٢ـ لە سورەتی (حم السجدة) لە کاتی خوێندنی (وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لَا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ (٣٧) (يان)

فَإِنِ اسْتَكْبَرُوا فَالَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْأَمُونَ (٣٨))

١٣ـ لە سورەتی (النجم) لە کۆتایی سورەتەکەوە.

١٤ـ لە سورەتی (الإنشقاق) ﴿وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنُ لَا يَسْجُدُونَ (٢١)﴾ /٢١.

١٥ـ لە سورەتی (العلق) لەکاتی خوێندنی ﴿وَاسْجُدْ وَاقْتَرِب﴾.

ئەم پانزە شوێنە سونتەتە هەرکاتێ کابرا خوێندی سوجدە ببات، بەڵام ئەگەر لە نوێژدا بو بۆ سوجدەی(ص) سوجدە نەبات، چونکە سونتەتێکی دوپات کراوە(غير المؤكدة) نیە والله أعلم.

٩٧ سورەتی قەدر ٥

سورەتی قەدر کە پێنج ئایەتە، ئەوەدو حەفتەمین سورەتی قورئانە، هەندێ لە زانایان پێیان وایە لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، هەندێکیش دەڵێن ئەم سورەتە باسی عیبادەتی شەوی قەدر دەکات کە لە مانگی ڕەمەزاندایە کەواتە لە مەدینە پاش واجب بونی ڕۆژوی ڕەمەزان دابەزیوە واتە پاش سورەتی موتەفیفینو پێش سورەتی بەقەرە دابەزیوە.

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) بەڕاستی ئێمە قورئانمان ناردوەتە خوارەوە لە شەوی قەدردا. وشەی (قدر) بە مانای بەڕێزو بەفەڕە یان بە مانای ئەندازەگیریو بڕیاردانە، کە هەردوو ماناکەی ڕاستە هەم شەوێکی بەنرخو بەفەڕو پیرۆزە، چونکە قورئانی پیرۆزی تێدا هاتوەتەخوارەوە کە مایەی خۆشبەختی مرۆڤە لە هەردوو ژیاندا ئەگەر پەیڕەوی بکات، هەم لەم شەوەدا هەمو ساڵێك خوای داناو بەئاگاو بەدەسەڵات ڕۆزیو ژیانو چۆنیەتی هەڵسوکەوتو ڕووداوو بەسەرهاتەکانی هەر مرۆڤێك دیاری دەکاتو بە فریشتەی مەئموری دەسپێرێت، بەڕاستی هەردوو بەڵگەی زانایيو توانایيو ئاگایی بێ سنوری خوایەو شایستەیە کە مرۆڤ ئەو شەوە بناسێت ئەوەتە ﷲدەفەرموێ:

(٢) کێ و چی تۆی ئاگادارکردوەتەوە کە شەوی (قەدر) چیە؟ واتە، تۆ نازانیت بۆیە خۆی ڕۆشنی دەکاتەوەو دەفەرموێ:

(٣) شەوی قەدر خێرو بەفەڕترە لە هەزار مانگ کە ئەو شەوەی تێدا نەبێتو بەندایەتیو چاکەی ئەو شەوە بە هەزار مانگ دادەنرێت واتە: هەشتاوسێ ساڵو چوار مانگ، بەم شێوەیە خوای گەورە ئەگەر چی تەمەنی ئەم ئوممەتەی کەم کردوە، بەڵام بەو شەوە چاکەی تەمەن درێژەکانی پێ بەخشیوە (لە ﷲ بەزیادبێت) پێغەمبەرمان ﷺدەفەرموێ: {مَن قَامَ لَيلَةَ القدر ايمانا واحتِساباً غُفِرَ لَهُ مَاتَقَدّم من ذَنبِه/متفق عليه/ هەر کەسێك شەوی (قەدر) نەخەوێتو باوەڕی بە ﷲ هەبێتو تەنها چاوەڕانی پاداشت لەو بکات، چاوپۆشی دەکرێت لە هەمو تاوانێکی کە لە پێش ئەو شەوەدا کردویەتی} جا تەماشای ئەو بەخششە

گەورەی ﷲ بکەن لەو شەوەدا هەم چاکەی زیاتر لە هەشتاوسێ ساڵی بۆ دەنوسرێتو هەم چاوپۆشی لە هەمو تاوانەکانی پێشوی دەکرێت، ئەو شەوە یەکێکە لە شەوە تاقەکانی دەهەی کۆتایی ڕەمەزانە بەتایبەت شەوی بیستو حەوتەم، معاوییەی کوڕی ئەوبوسوفیان دەڵێت: پێغەمبەر ﷺسەبارەت بە شەوی قەدر فەرموێ: {لَيلَةُ القَدرِ لَيلَةُ سَبعٍ وَعِشرِين/ابوداود، صححه الألباني/ شەوی قەدر شەوی بیستو حەوتەمە}

(٤) زۆرێك لە فریشتەکانو جبرەئیل لەو شەوەدا دادەبەزنە سەر زەویو خێرو فەڕێکی زۆر لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن. وشەی (روح) واتە جبرەئیل، وە هەندێکی تر دەڵێن: (روح) فریشتەیەکی ترە وەکو لە سورەتی (النباء)دا هاتوە، بەڵێ ئەم فریشتانە دادەبەزن، بەڵام بۆ جێ بەجێکردنی فرمانی ﷲ وەك دەفەرموێ: ئەو دابەزینە بەهۆی ماوە پێدانی پەروەردگاری خۆیانەوەیەو هەمو کاروبارێکیان پێ سپێردراوە، دەشگونجێت ﴿مِّن كُلِّ أَمۡرٖ﴾ پەیوەندی بە ﴿سَلَٰمٌ هِيَ﴾وە هەبێت واتە: ئەو شەوە بێ زیانەو هیچ شتێکی خراپی تێدا ڕوونادات. هەتا ڕووناکی بەیانی پەیدادەبێتو نوێژ دەبێت، دەشگونجێت بەم شێوەیە مانای بکەین ﴿هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ﴾ ئەو شەوە کاتەکەی تا نوێژی بەیانیە. یان ،

(٥) ئەمنو ئاسایشو خێرو بەرەکەتە ئەو شەوە هەتا ئەو کاتەی نوێژی بەیانی دەبێت، ئەم مانایانە هەمویان نزیکن لەیەکەوەو گرنگ ئەوەیە کە بەندایەتی ئەو شەوە ئەو خێرە گەورەی هەیەو شەوێکی هێمنو ئاسودەیەو هیچ شتێکی خراپی تێدا ڕوونادات، وەبەهۆی دابەزینی ئەو هەمو فریشتە بەڕێزانەوە کاروباری ساڵی ئایندەی خەڵکی بە مەئموری تایبەتی خۆی دەدرێتو مەئمورەکان دەزانن کە ئەو کەسە تا ساڵێکی تر شەوی (قەدر) چی کردارێك دەکاتو چی پێ دەدرێتو چی لەو کەمدەکاتو چی بەسەردێت، وە بەندایەتی ئەم شەوە دەبێت بەهۆی چاوپۆشی خوای میهرەبان لە تاوانی بەندایەتیکەرەکە، جا هەرکەس نەیتوانی بەچاکی کەڵك لەو شەوە بەنرخە

وەرگرێت بەراستی خەیرو بەرەکەتێکی گەورەی ئاوای لەدەستچوە کە بۆهیچ کەس جگە لە موجاهید نارەخسێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە پێغەمبەرمان ﷺدەفەرموێ: {مُوقفُ ساعةٍ في سَبيلِ اللهِ خيرٌ مِن قيامِ لَيلَةِ الْقدرِ عَندَ الْحَجَرِ الأَسودِ/ ابن حبان،صححه الألباني/ خۆگری کاتێك لە جیهاد لە پێناو ﷲ دا زۆر چاکترە لە شەو نوێژی شەوی قەدر لە لای بەردەرەشەکەی کەعبەدا}. ﷲ لە تاوانی منو ئێوەی موسڵمانیش خۆشبێت -ئامین-.

٩٨ سورەتی بەیینە ٨

سورەتی بەیینە لای زۆربەی زانایان لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، هەشت ئایەتە، نەوەدو هەشتەمین سورەتی قورئانە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین سەدویەکەمین سورەتە کە پاش سورەتی (الطلاق) و پیش (الحشر) دابەزیوە، هەروەها بە سورەتی (المنفكين، لم يكن، البرية)یش ناوبراوە. ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئوبەی کوڕی کەعبی فەرمو: {إِنَّ اللَّهَ أَمَرَنِي أَنْ أَقْرَأَ عَلَيْكَ لَمْ يَكُنْ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ قَالَ وَسَمَّانِي قَالَ نَعَمْ فَبَكَى /متفق عليه/ بەڕاستی ﷲ فرمانی پێکردوم کە بخوێنم بەسەرتا ﴿لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ئوبەی وتی: ئایا خوا ناوی بردم بۆت؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی: بەڵێ،جا ئوبەی گریا}.

بەناوی ﷲی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) بێ باوەڕان لەوانەی کە پەڕاویان پێدراوە (گاورو جولەکە)و لە بتپەرستان لەخوانەناسیوبت پەرستی وازیان نەهێنا تا ئەو کاتەی کە بەڵگەی ڕوونو ئاشکرا دێتەلایان .

(٢) پێغەمبەرێکە کە لەلایەن خواوەبۆیان ڕەوانەکراوە کە محمدی کوڕی عەبدوڵایە کە هەر لە زاتی خۆیدا بەڵگەی ڕوون هەبو لەسەر ڕاستیو دروستیو پەیڕەوانی پەڕاوانی پێشو وەکو کوڕی خۆیان دەیانناسیو هەڕەشەشیان لە بت پەرستان دەکردو دەیانوت: کاتێك ئەو هات ئێمە پەیڕەوی دەکەینو ئێوە لەناودەبەینو بت پەرستانی مەکەیش ڕاستیو دەستو دەمپاکیان لە مانگی چواردە لەلا ڕۆشنتربو ناویان نابو (محمد الامين/ موحەممەدی دەستو دەمپاك) واتە: هەر زاتی ئەو پێغەمبەرە ﷺ بەرێزە بەڵگەیەکی ڕون بو لەلای هەمویان، کەئێستایش قسەی پەروەردگاری جیهانیان بۆ دەکاتو چەندین پەڕەی پاکۆکراوە لە شتی زیادەو بێ ناوەرۆك دەخوێنێتەوە بەسەریاندا،

(٣) بەڵکو لەناو ئەو پەڕە پاکۆکراوەدا چەندین باسو فرمانی ڕاستو دروستو بەنرخی تێدایە، چونکە لەلایەن خواوە هاتوە، بەڕاستی ڕەوشتو بەڵگەکانی ڕاستی پێغەمبەر ﷺ ئەوەندە ڕون بون خاوەن پەڕاوان هەمویان یەکدەنگ بون لەسەر پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان ﷺ، بەڵام پاش ئەوەی کەفرمانی پێغەمبەرایەتی بۆهاتو فرمانی خوای بەوان گەیاند ڕژدیو ڕقو قین وای لێکردن کە دژایەتی بکەنو خۆیان بەدرۆی بخەنەوە لێرەش دەفەرموێ:

(٤)جا ئەوانەی کە پەڕاویان پێدرابو بەش بەش نەبون هەتا بەڵگەی ڕوونو ئاشکرا هاتەلایان کە محمدﷺ بو، ئینجا هەریەکەی بەشێوەیەك دژایەتی دەکردو باوەڕیان پێ نەدەکرد، جا خوا دەفەرموێ:

(٥) خۆ ئەمانە ئەمریان پێ نەکرابو،مەگەر تەنها بەوەی کە بەندایەتی خوا بکەن بەشێوەیەکی پاڵفتەییو دڵسۆزانەو خۆیان یەکلا بکەنەوە بۆ ئەوزاتە بەگوێرەی ئەو یاساو بەرنامەیەی کە بۆیان هاتوەو لادەن لە هەمو ڕێبازێكو تەنها ڕێبازی خوا بگرنەبەر، وە نوێژ بە ڕێكوپێکی ئەنجام بدەنو زەکات بدەن، وەئەوەی کە باسکرا (لە بەندایەتی بێ غەڵ و غەشو دورکەوتنەوە لە هەمو ڕێبازو ڕێچکەکان بێجگە لە ڕێبازی خواو ئەنجامدانی نوێژو زەکاتدان) ئەوەیە ئایینی ڕاستو دروستو بەنرخ، ئینجا باسی سزاو پاداشتی بێ باوەڕان دەکاتو دەفەرموێ:

(٦) بێگومان ئەوکەسانەی کە بێ باوەڕبون لە پەڕاوداڕانو لە بت پەرستان لەناو ئاگری دۆزەخدان بۆ هەمیشەیی، ئەوانە پیسترین دروستکراوی خودان، چونکە هەمو دروستکراوێکی پەروەردگار بێجگە لە مرۆڤ لەو یاسایەی کەبۆی دانراوە تێ ناپەڕێت، بەڵام مرۆڤی بێ باوەڕ لە هەمو سنورێك تێدەپەڕێتو هەمو ئیشێکی ناپاكو نادروست ئەنجام دەدات کە گەورەترینیان بێ باوەڕیە بەخواو بە پێغەمبەران، وەکو لە سورەتی ئەنفال دا

جَزَآؤُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ
فِيهَآ أَبَدٗاۖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَشِيَ رَبَّهُۥ (٨)

سُورَةُ الزَّلزَلَةِ (٩٩) (٨)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا زُلۡزِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ زِلۡزَالَهَا (١) وَأَخۡرَجَتِ ٱلۡأَرۡضُ أَثۡقَالَهَا
(٢) وَقَالَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا لَهَا (٣) يَوۡمَئِذٖ تُحَدِّثُ أَخۡبَارَهَا (٤)
بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا (٥) يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتٗا
لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ (٦) فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا
يَرَهُۥ (٧) وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ (٨)

سُورَةُ العَادِيَاتِ (١٠٠) (١١)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلۡعَٰدِيَٰتِ ضَبۡحٗا (١) فَٱلۡمُورِيَٰتِ قَدۡحٗا (٢) فَٱلۡمُغِيرَٰتِ صُبۡحٗا
(٣) فَأَثَرۡنَ بِهِۦ نَقۡعٗا (٤) فَوَسَطۡنَ بِهِۦ جَمۡعًا (٥) إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ
لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٞ (٦) وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٞ (٧) وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ
ٱلۡخَيۡرِ لَشَدِيدٌ (٨) ۞ أَفَلَا يَعۡلَمُ إِذَا بُعۡثِرَ مَا فِي ٱلۡقُبُورِ (٩)

دەفەرموێ:﴿بەبێگومان خراپترینی ئەوانەی کەبەم سەر زەوییەدا دەڕۆن ئەو کەڕو لاڵەن کەفامی هیچ ناکەن﴾ وە لە سورەتی ئەعراف دا دەفەرموێ: ﴿ئەوانە وەك چوارپێ وان بەڵکو سەرلێ شێواوترن، ئەوانە هەرخۆیان بێ ئاگان﴾. ئینجا خوای گەورە سەبارەت بە باوەڕدران دەفەرموێ:

(٧) بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان ئەنجامداوە، ئەوانە باشترین دروستکراوی خودان، کۆمەڵێك لەزانایان ئەم ئایەتە دەکەن بە بەڵگە لەسەر ڕێزو گەورەیی مرۆڤی باوەڕدار بەسەر فریشتەکاندا، منیش ئەم ڕایەم بەلاوە نزیکترە، ئەگەرچی فریشتە هەرگیز تاوان ناکات چونکە وا دروستکراوە بەڵام باوەڕداران بە دژایەتی نەفس‌و شەیتان‌و زەحمەتدانی خۆیان بەندایەتی خودا دەکەن، کەواتە دەبێت پاداشتیان زیاتر بێت‌و پاداشتی زیادەیش زۆرجار دەبێت بە بەڵگە لەسەر پلەی بەرزتر (وە هەر خوا زانایە).

پێغەمبەرمان ﷺ جارێکیان بۆ یارەکانی باسی کرد کە: لەپاش ئەوان کەسانێك دێن کە چاکەی هەریەك لەوان بە چاکەی پەنجا کەس دەنوسرێت، یارەکان وتیان: پەنجا کەس لە ئێمە یان لەخۆیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: پەنجا کەس لە ئێوە چونکە ئێوە یارمەتیدەرتان هەیە لەسەر چاکە بەڵام ئەوان یارمەتیدەریان نیە. (ئەبوداودو ترمزی‌و ئیبنوماجە) ئەمەیانهێناوە. جا باسی پاداشتی باوەڕداران دەکات‌و دەفەرموێ:

(٨) پاداشتی ئەوان لەلای پەروەردگاری خۆیان بەهەشتانێکە کە جێگای دانیشتنەو لەژێر ئەو بەهەشتانەدا چەندین جۆگا دەڕوات، وەکو لە سورەتی (محمد)دا فەرموی چوار جۆگەن، وە بۆ هەمیشە لەناو ئەو بەهەشتانەدا دەمێننەوەو هەرگیز دەرناچن لێی، خوا ڕازیە لێیان‌و ئەوانیش ئەوەندە حاڵیان خۆشەو لە شوێن‌و جێگای چاکدان ڕازین لە پەروەردگاریان کە ئەو هەمو نیعمەتەی پێداون، جا ئا ئەم هەمو خەڵات‌و بەخشین‌و ڕێزە گەورە بۆ ئەو خاوەن باوەڕەیە کە لە پەروەردگاری خۆی ترساوە واتە: بەندەی ڕاستەقینە دوو شت پاڵی پێوەدەنێت بۆ چاکەکردن یەکەم: بەتەمای لێخۆشبونی ﷲ یە، دووهەم: لێی دەترسێت وەك لە سورەتی سەجدەئایەتی دا دەفەرموێ: ﴿بەندایەتی پەروەردگاری خۆیان دەکەن کەدەترسن‌و هیواداریشن،وە لەوەیش کە پێمان داون دەبەخشن﴾.

سورەتی زەلزەلە (٩٩) (٨)

سورەتی زەلزەلە لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، هەشت ئایەتە، نەوەدو نۆهەمین سورەتی قورئانە هەندێك لەزانایان پێیان وایە ئەم سورەتە لە مەدینەدا دابەزیوە، جا لەسەر ئەمە بەگوێرەی دابەزینی نەودو چوارەمین سورەتە کە پاش سورەتی (النساء) و پیش (الحدید) دابەزیوە.

پێغەمبەر ﷺوئەم سورەتە بە نیوەی قورئان دادەنێت دەفەرموێ: {إِذَا زُلْزِلَتْ تَعْدِلُ نِصْفَ الْقُرْآنِ /الترمذي، صححه الالباني/ إِذَا زُلْزِلَتْ بەرامبەری نیوەی قورئانە}

بەناوی ﷲی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) هەر کاتێك زەوی زۆر بەپەلەو بەتوندی جوڵێنرا

(٢) جا زەوی تەواوی بارە گرانەکانی دەر کرد وەك پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێ:{ تَقِيءُ الْأَرْضُ أَفْلَاذَ كَبِدِهَا أَمْثَالَ الْأُسْطُوَانِ مِنْ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ فَيَجِيءُ الْقَاتِلُ فَيَقُولُ فِي هَذَا قَتَلْتُ وَيَجِيءُ الْقَاطِعُ فَيَقُولُ فِي هَذَا قَطَعْتُ رَحِمِي وَيَجِيءُ السَّارِقُ فَيَقُولُ فِي هَذَا قُطِعَتْ يَدِي ثُمَّ يَدَعُونَهُ فَلَا يَأْخُذُونَ مِنْهُ شَيْئًا/مسلم وغيره/ زەوی هەموخەزانەکانی خۆی فڕە دەداتە دەرەوە،وەك پایە و کۆڵەکەکانی خانو لە زێڕو لەزیو ئەوسا بکوژدێتو دەیبینێو دەڵێت: لەسەر ئەمە من کوشتم، وەپەیوەندی بچڕان خزمان دێت،جا دەڵێت:لەسەرئەمە من پەیوەندی خزمایەتیم بچڕی، وەدزدێت ودەڵێت: لەسەر ئەمە دەستم بڕا، پاشان بانگ دەکرێن بەڵام هیچی لێ وەرناگرن}.

(٣) جا مرۆڤ دەڵێت: ئەمە چی بوەو بۆوادەکات؟ هەرچەند وشەی مرۆڤ گشتیە بەڵام مەبەست تایبەتکراوە (عام مخصوص) چونکە باوەڕداران بەو شێوە ناپەشۆکێن بەڵکو دەڵێن: ﴿ئەوە بەڵێنی خوای بەخشندەیەو ڕاستیانکرد ڕەوانەکراوەکان﴾ (یس/ پەنجاودوو.واتە ئەمانە لەدنیادا رودەدەن، ئینجا دەفەرموێ:

(٤) ئا لەو ڕۆژەدا زەوی بەسەرهاتەکانی خۆی باس دەکات، جادەگونجێت هەربە قسە ئەو دەنگوباسە بۆ خەڵك باس بکات یان بە روداوەگرنگو پەر مەترسیەکانی خەڵکی تێدەگەیەنێت کە چی بوە، وەدەشگونجێت لێرە بەدواوە پاش زیندوبونەوەبێت کە لەو ڕۆژەدا زەوی هەرچی هەواڵێکی لەلایە باسی دەکاتو کەس ناتوانێت لە قسەی خۆی حاشابکات، واتە زەوی تەواوی دەنگەکان کۆدەکاتەوەو هیچی تێکەڵاو بە هیچی نابێت، بۆ نمونە لە ڕۆژانی حەجدا بە ملیۆنەها حاجی هەریەك داوای شتێك دەکاتو بە سەدەها دەنگو سەدەها زمانو لە مەیدانی عەرەفاتو موزدەلیفەو شوێنی ڕەجم دا هەموی نرکەی دێت، بەڵام یەك قسە تێکەڵاوی قسەیەکی تر نابێتو هەریەکەی لە بۆرییەکی تایبەتیەوە دەردەچێتو بەو شێوەیە دەمێنێتەوە تا ڕۆژی دوایی، جا ئەو کاتە کە کاتی دادگای کردنی مرۆڤە زەوی وەکو باقی دروستکراوەکانی خوا دێتە قسەو هەمو دەنگو باسەکانی سەری دەگێڕیتەوە، جا پێویستە مرۆڤی خاوەن باوەڕ ئاگای لە زمانی بێتو قسەی وانەکات لەو کاتەدا شەرمەندە ببێت، چونکە زەوی ناتوانێت هیچی بشارێتەوە وەك دەفەرموێ: (٥) چونکە بێگومان خوای تۆ نیگای کردووەتە لای و فرمانی پێداوە بە هەلگرتنی هەواڵەکانو خستنەدەرەوەی مردوەکانو پاشان بڵاوکردنەوەی دەنگوباسەکەیان، ئینجا دەفەرموێ:

(٦) لەو ڕۆژەدا خەڵك بەشێوەی جیاجیا دەردەچێت هەندێك چاکەو هەندێك خراپەو هەندێکیش لەو نێوانەدایە تا بچنو کردارەکانی خۆیان ببین.

(٦) ئەوسا هەرکەس بە ئەندازەی زەڕەیەك چاکە بکات لە دنیادا لەوێ دەیبینێتەوەو پاداشتی وەرگرێتەوە ئەگەر بە شتی تر بەتاڵی نەکردبێتەوە.

(٧) خۆ هەرکەسێکیش بە ئەندازەی زەڕەیەك خراپەی کردبێت دەیبینێتەوەو سزای وەردەگرێت، ئەگەر چاوپۆشی لێ نەکرابێت. لەبارەی زەکاتی چارەوێ و کەرەوە پرسیار لە پێغەمبەرﷺ کرا فەرموی:{ الْخَيْلُ لِرَجُلٍ أَجْرٌ وَلِرَجُلٍ سِتْرٌ وَعَلَى رَجُلٍ وِزْرٌ فَأَمَّا الَّذِي لَهُ أَجْرٌ فَرَجُلٌ رَبَطَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَأَطَالَ بِهَا فِي مَرْجٍ أَوْ رَوْضَةٍ فَمَا أَصَابَتْ فِي طِيَلِهَا ذَلِكَ مِنْ الْمَرْجِ أَوْ الرَّوْضَةِ كَانَتْ لَهُ حَسَنَاتٍ وَلَوْ أَنَّهُ انْقَطَعَ طِيَلُهَا فَاسْتَنَّتْ شَرَفًا أَوْ شَرَفَيْنِ كَانَتْ آثَارُهَا وَأَرْوَاثُهَا حَسَنَاتٍ لَهُ وَلَوْ أَنَّهَا مَرَّتْ بِنَهَرٍ فَشَرِبَتْ مِنْهُ وَلَمْ يُرِدْ أَنْ يَسْقِيَ كَانَ ذَلِكَ حَسَنَاتٍ لَهُ فَهِيَ لِذَلِكَ أَجْرٌ وَرَجُلٌ رَبَطَهَا تَغَنِّيًا وَتَعَفُّفًا ثُمَّ لَمْ يَنْسَ حَقَّ اللَّهِ فِي رِقَابِهَا وَلَا ظُهُورِهَا فَهِيَ لِذَلِكَ سِتْرٌ وَرَجُلٌ رَبَطَهَا فَخْرًا وَرِيَاءً وَنِوَاءً لِأَهْلِ الْإِسْلَامِ فَهِيَ عَلَى ذَلِكَ وِزْرٌ وَسُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ الْحُمُرِ فَقَالَ مَا أُنْزِلَ عَلَيَّ فِيهَا شَيْءٌ إِلَّا هَذِهِ الْآيَةُ الْجَامِعَةُ الْفَاذَّةُ فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ/ متفق عليه/ چارەوێی سیانن ئەو بۆ هەندێ کەس پاداشتەو بۆ هەندێ داپۆشەرەو بۆ هەندێ تاوانە، جا ئەوەی کە ئەو دەبێ بە پاداشت بۆی ئەو پیاوەیە کە بۆ جیهاد ڕاگیری دەکات جاماوەیەکی زۆرلە لەوەڕگەو باخچەدا بەخێوی دەکات، ئەمە هیچ شتێك ناخوات لەو لەوەڕگەوباخچەیە مەگەر ﷲ بۆی بە پاداشت بنوسێت، جا ئەگەر لەولەوەڕگادا پەتەکەی ببچڕێتو

بروات ئەگەر بەرزاییەك، یان زیاتریش ببڕێت بۆ هەمو
بەرزای‌وجێ سەوتەرسەكەی چاكەی بۆ دەنوسرێت،
جائەگەر بە ڕوبارێكدابڕواو ئاوی لێ بخوات بەبێ ئەوەی
كەخۆی مەبەستی ئاودانی بێت چاكە گەلێكی بۆ هەیە ،
ئەوەی كە داپۆشەرەبۆی ئەوە ئەو پیاوەیە، كە ئەو
چارەوێی بۆ بەخشندەی‌و ئیشی جوانەو مافی پشتی وسكی
لە بیر ناچێتەوە، واتە: چاكەی پێ دەكات بۆ خەڵك لە بارو
لە سواری‌و لە تەنگانەو خۆشی دا، ئەوەی كە تاوانە ئەو
كەسەیە، كە چارەوێی بۆ خراپی‌و لوت بەرزی‌و
خۆپیشاندانە بە خەڵك ئەوە ئەوەیە، كە ئەبێ بە تاوان
لەسەرخاوەنەكەی، وتیان: ئەی گوێدرێژ ئەی پێغەمبەری
خواﷺ؟ فەرموی: خوا لەو بارەیەوە هیچی بۆ نەناردوم،
بێجگە لەم ئایەتە گشتیە كەم وێنەیە، ﴿ئەوسا هەر
كەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەك چاكە بكات، پاداشتەكەی
دەبینێ، وە هەر كەسێكیش بەئەندازەی گەردیلەیەك
خراپە بكات سزاكەی دەبینێ) وشەی زەرە بە مێرولەی
سور دەڵێن وە هەم بەو شتە وردانە دەڵێن: كە كاتێك ڕۆژ
لە دەلاقەیەكەوە دەچێتەناو ژورێكی تاریكەوە شتی وردی
تێدا دەبینرێت یان ئەو شتە زۆر وردەیە كە ئەمرۆ بە
زەرە ناوی دەبەن.

بەڕاستی ئەو كەسەی كە ئاگای لەم سورەتە هەبێت
پاشەڕۆژی خۆی خراپ ناكات‌و هەوڵی ئەوە دەدات كە لەو
ڕۆژەدا سەربەرز بێت.

١٠٠ سورەتی عادیات ١١

سورەتی عادیات هەندێك پێیان وایە لە مەكەدا پاش
سورەتی (العصر) و پیش (الكوثر) هاتوەتە خوارەوە، یانزە
ئایەتە، سەدەمین سورەتی قورئانەو وتراوە بەگوێرەی
دابەزین چواردەهەمین سورەتە، هەندێكیش پێیان وایە
ئەم سورەتە لە مەدینە دابەزیوە، لەم سورەتە بەڕێزە
گەورەیی‌و پلەو پایەی تێكۆشەرانی ڕێگای ﷲ بەجوانی
دەردەكەوێت، ئەوەتا دەبینین خوای گەورە سوێند بەو
وڵاخانە دەخوات كە موجاهیدین سواریان‌و جیهادیان پێ
دەكەن، دەی دەبێت موجاهیدەكان چ ڕێزو پلەیەكیان
هەبێت لای ﷲ؟

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بەو ئەسپانەی كەلەكاتی جیهاددا غاردەدەن‌و
نركەی سكیان دێت،

(٢) جا ئاگر دەكەنەوە بە سمیان كاتێك كە بەغار دەڕۆن
بەسەر بەرددا و لەژێر ناڵەكانیاندا بزیسكەی ئاگر
بەرزدەبێتەوە ئەوەندە توندو چالاكن لە تاودان‌و ڕمبازیدا،

(٣) ئینجا لەگەڵ ڕووناكی بەرەبەیاندا پەلاماری دوژمن
دەدەن،

(٤) جا لەو شوێنەدا تەپوتۆز هەڵدەستێنن

(٥) ئەوسا دەچنە ناوەڕاستی دوژمنەوەو هەمویان وەك
یەك كەس بەسەر دژومندا دەدەن‌و هیچیان دواناكەون‌و
خۆ ناگرنە دواوە، بەڵكو هەمویان خۆیان دەكوتنە
ناوەڕاستی دوژمنەوە یان خۆیان دەخەنە ناوەڕاستی
تەواوی دوژمنانەوە، ئەوەندە نەترس‌و گیانفیداو ئامادەی
شەهادەتن، بەڕاستی گەلێك كەئاوابێت دورە شكست
بهێنێت هەروەكو بینیمان حكومەتە بچكۆلەكەی ناو شاری
مەدینە بە ماوەیەكی زۆركەم لە هەمو لایەكەوە گەیشتە
سەر دەریا، بەڵام كاتێك خۆشەویستی ماڵ‌و گیان لەناو
دەرونی باوەڕداراندا پەرەی سەند هەمولایەكیان
لەدەستچوو، بەڵكو خۆیان كران بە بەندەو داردەستی
كافران‌و خۆمان بەخۆمان ڕاوكراین‌و ڕاودەكرێین، بەدوو
دەستە سەروەت‌و سامانی وڵاتی ئیسلامیان خستە ناو
دەست دوژمنانە (لاحول ولا قوە إلا بالله).

بەڕاستی پەلامارو ئاگركردنەوەی سمی ئەسپان‌و هێرشی
ناو دژمنان‌و خۆ خستنە ناو كۆڕی دوژمنان لە
بەرەبەیانیدا، ئەسپەكان خۆیان نەبون بەڵكو سوارەكان
بون، چونكە چاك خوای خۆیان ناسی بو وە چاك لە كەم
تەمەنی‌و لەناوچونی دنیادا ئاگاداربوون، بەڵام وەك وتمان
كاتێك ئەو باوەڕە چاكە نەما ئەوەمان بەسەرهات كە لەبەر
چاوتاندایە! ئینجا خوا دەفەرموێ:

(٥) بەڕاستی مرۆڤ زۆر بێ نمەكە سەبارەت بە
پەروەردگاری خۆی، وا دەزانێت ئەو سەروەت‌و سامانەو
ئەوهێزو دەسەڵاتە تەنها بە زرنگی خۆی دەستی كەوتوە،

جا ئیتر زۆر لوتی بەرز دەبێتو مافی خاوەن مافان نادات‌و لە فرمانەکانی ﷲ دەردەچێت وەك لە سورەتی عەلەق دا دەفەرموێ﴿بەحەقیقەت بێگومان کە مرۆڤ لەخۆی بای دەبێت کاتێ کە دی بێ نیازە﴾ لە پاشان دەفەرموێ:

﴿٧﴾ وە بەبێگومان کە ئەو کابرایە خۆی (یان خوا) لەسەر ئەم بێ نمەکی‌و سپڵەیی‌و رژدیەی شایەتە، جا رونتر رژدی‌و سپڵەیی‌و بێ نمەکی کابرا باس دەکات‌و دەفەرموێ:

﴿٨﴾ سا بەبێگومان ئەو کابرایە ماڵی زۆر خۆشدەوێت وەك لە سورەتی فەجردا دەفەرموێ: ﴿وە ئێوە ماڵی میراتیش دەخۆن بە خواردنێکی نا دروست‌و ناڕەواو ئێوە ماڵتان زۆر زۆر خۆشدەوێت ﴾ ئینجا خوای میهرەبان دڵەکان ڕادەپەڕێنێت‌و وایان لێدەکات کە دنیا زۆر بە گرنگ نەگرن‌و دەفەرموێ:

﴿٩﴾ ئایا هەر دەبێ ئاوا بێ نمەك‌و سپڵەو ماڵ خۆشەویست بێت؟ ئایا نازانێت کە کاتێك زیندو کرایەوەو هێنرایە دەرەوە ئەوەی کە لەناو گۆڕەکاندایە،

﴿١٠﴾ جا ئاشکرا کراو دەرخرا ئەوەی کە لەناو دڵەکاندایە، ئەوکاتە چی دەکەن‌و پەنا بۆ کێ دەبەن ؟

﴿١١﴾ بەڕاستی پەروەردگاری ئەوان لەو ڕۆژەدا چاك ئاگاداری هەڵس‌وکەوتی پێشویانەو ناتوانن لە هیچ تاوانێك حاشا بکەن، چاکان باشترین پاداشت دەداتەوە، جا تۆڵەیش لە تاونباران دەستێنێت‌و بچوکترین ستەم لە کەس ناکات؟.

سورەتی قاریعه
١٠١ — ١١

سورەتی قاریعە لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، یانزە ئایەتە، سەدو یەکەمین سورەتی قورئانەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین سی هەمین سورەتە کە پاش سورەتی (قریش) و پیش (القیامة) دابەزیوە، ئەم سورەتە یەکسەر باسی ڕووداوی قیامەت‌و پاداشتی چاکەکارو سزای خراپەکار دەکات بەشێوەیەکی تازەو بەناوێکی تری قیامەتەوەو دەفەرموێ:

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

وَحُصِّلَ مَا فِي ٱلصُّدُورِ ﴿١٠﴾ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّخَبِيرُۢ ﴿١١﴾

سُورَةُ القَارِعَةِ ١٠١ — ١١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلۡقَارِعَةُ ﴿١﴾ مَا ٱلۡقَارِعَةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡقَارِعَةُ
﴿٣﴾ يَوۡمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلۡفَرَاشِ ٱلۡمَبۡثُوثِ ﴿٤﴾
وَتَكُونُ ٱلۡجِبَالُ كَٱلۡعِهۡنِ ٱلۡمَنفُوشِ ﴿٥﴾ فَأَمَّا
مَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٦﴾ فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ
﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٨﴾ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٞ
﴿٩﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ ﴿١٠﴾ نَارٌ حَامِيَةُۢ ﴿١١﴾

سُورَةُ التَّكَاثُرِ ١٠٢ — ٨

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

أَلۡهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴿١﴾ حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ ﴿٢﴾ كَلَّا سَوۡفَ
تَعۡلَمُونَ ﴿٣﴾ ثُمَّ كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴿٤﴾ كَلَّا لَوۡ تَعۡلَمُونَ
عِلۡمَ ٱلۡيَقِينِ ﴿٥﴾ لَتَرَوُنَّ ٱلۡجَحِيمَ ﴿٦﴾ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا
عَيۡنَ ٱلۡيَقِينِ ﴿٧﴾ ثُمَّ لَتُسۡـَٔلُنَّ يَوۡمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨﴾

﴿١﴾ قارعەش هەروەکو (حاقة)و (طامة)و (صاخة)و (غاشية) ناوێکە لە ناوەکانی قیامەت، بە مانای کوتانەوەیە، چونکە بە ئەو ڕوداوە زەوی‌و ئاسمان‌و ئەستێرەو ڕۆژو مانگ هەموی دەکوترێن بەیەکداو چیاکان دەبن بە تۆز، جا جێگای خۆیەتی بە گرنگ تەماشا بکرێت و تێمان بگەیەنێت کە ڕووداوەکە گرنگترو پڕ مەترسی ترن لەوەی کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوەو دەفەرموێ:

﴿٢﴾ قاریعە چیە؟ ﴿٣﴾ چی تۆی تێگەیاندوە کە قاریعە چیە؟ واتە ئەوشتە گەورەترو سامناکترو ماڵ وێرانکەرترە لەوەی کە ئێوە شتێکی لەبارەوە بزانن، ئینجا بەو پرسیارانە واز لە قاریعە دەهێنێت‌و باسی ئەو بارو شێوەی مرۆڤ دەکات کاتێك کە ئەوقاریعەیە ڕوددەدات‌و دەفەرموێ:

﴿٤﴾ لەو ڕۆژەدا مرۆڤەکان هەمو زیندو دەکرێنەوەو دێنە دەرەوە وەك پەپولەی سەرلێشێواو هەروا دێن بەناویەکدا بێ ئەوەی مەبەستێك لەو چون‌و گەڕانەوەدا هەبێت ڕوداوەکە ئەوەندە سەخت‌و دژوارە.

(٥) جا چیاكانیش دەبن بە خوری شیكراوەی ڕەنگاوڕەنگ واتە لە دورەوە وەك چیان، بەڵام لەڕاستیدا هیچ قوەتو هێزێكی تێدانامێنێت وەكو چەند كیلۆ خوری شیكراوە كە جێگایەكی زۆر داگیر دەكات، بەڵام بەهێزێكی زۆر كەم ئازو گۆێیاز دەكرێت، پێشەكی چیاكان بەو شێوە دەبن، ئینجا وەكو هەور بەملاو بەولایاندا دەباتو دوایی دەبن بە تۆزو نزماییەكانی زەوییان پێ پڕدەكرێتەوەو ئەم زەویە دەبێت بە دەشتێكی كاكی بەكاكی وەك لە سورەتی (تاها) دا دەفەرموێ: ﴿لەبارەی چیاكانەوە پرسیارت لێ دەكرێت جا تۆ بڵێ: پەروەردگارم دەیانهاڕێت بەهاڕین، ئەوسا ئەو زەویە دەكات بەدەشتێكی كاكی بەكاكی، كەهیچ نەویو بەرزاییەكی تێدا نامێنێ﴾ ئینجا بەرەو حیسابمان دەباتو دەفەرموێ:

(٦) جا ئەو كاتە هەر كەس لە كێشانەی كردارەكانیدا چاكەی قورس بو،

(٧) ئیتر ئەوكەسە وا لەناو ژیانێكدا كە ئەو ژیانە بەشێوەیەكی زۆر گرنگو سەرسوڕهێنەرەو ڕازی كەری خاوەنەكەیەتی، ئەوەتە ئاو بەكەیفی كابرا لەكوێدا بیەوێت هەڵیدەقوڵێنێتو هەر میوەیەكی بوێت میوەكە خۆی لەو نزیك دەكاتەوە و حەزی لەگۆشتی كام باڵندەبێت چۆنی ئارەزۆ لێ بێت ئاوا بۆی ئامادە دەبێت،واتە ئەوژیانە ڕازیكەری كابرایەو هیچ شتێكی ناوێت كەبۆی ئامادەنەكرێت، دیارە كابراش بەو ژیانەپڕ نازو نیعمەتە ڕازییە ئەمە بۆ چاكەكارانە، بەڵام بۆ خراپەكاران دەفەرموێ:

(٨) خۆ ئەو كەسەیش كە لە كێشانەكەیدا چاكەی سوك بوو خراپەكەی قورس بو،

(٩) ئەوسا ئەو كەسە جێگای هاوێیە. ئینجا پرسیار دەكاتو دەفەرموێ:

(١٠) جا تۆ چی دەزانی لەبارەی ئەو (هاویە)وە؟

(١١) ئەو هاویە ئاگرێكی داخكەرو سوتێنەرە كە ئەم ئاگرەی ئەمڕۆی ئێمە كە ئاسنی پێ دەتاوێنینەوە بەشێكی زۆر كەمە لەو ئاگرە، وەك پێغەمبەرمان ﷺ لە چەند فەرمودەیەكیدا دەفەرموێ: كە یەكێك لەوانە ئەمەیە كە ئەبوهورەیرە ﷺ دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرمو: { نَارُكُمْ هَذِهِ الَّتِي تُوقِدُونَ جُزْءٌ وَاحِدٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ حَرِّ جَهَنَّمَ قَالُوا وَاللَّهِ إِنْ كَانَتْ لَكَافِيَةً يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ فَإِنَّهَا فُضِّلَتْ بِتِسْعَةٍ وَسِتِّينَ جُزْءًا كُلُّهُنَّ مِثْلُ حَرِّهَا /الترمذي، صححه الألباني/ئەوئاگرەی كە ئێوە هەڵیدەگیرسێنن بەشێكە لە حەفتا بەش لەگەرمایی ئاگری دۆزەخ، وتیان: بەخوا هەر ئەمەش بێت بەسە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: بەڕاستی گەرمایی ئەو شەست ونۆ پلە لەم ئاگرەی دنیا گەرمایی زیاتری پێدراوە. خوا بمان پارێزێ لێی.

(١٠٢) سورەتی تەكاسور (٨)

سورەتی تەكاسور لە مەكەدا هاتوەتە خوارەوە، هەشت ئایەتە، سەدو دووەمین سورەتی قورئانەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین شانزەهەمین سورەتە كە پاش سورەتی (الكوثر) و پیش (الماعون) دابەزیوە. دەڵێن دوو تیرەی یارمەتیدەر (الانصار) لە خێلی (بني حارثة وبني الحارث) خۆیان بەسەریەكتردا هەڵدەكێشاو هەریەكەیان دەیوت: ئایا ئێوە پیاوی وەكو فلانو وەكو فیسار ئێمەتان هەیە؟ تەنانەت دەچونە ناو گۆڕستانەوەو مردوەكانیشیان دەژماردو هەروەكو زیندوەكانو دەیانوت: ئایا ئێوە پیاوی وەكو ئەمەو ئەوەتان بووە؟ هەمیشە بەو شتەوە خەریكبون، جا خوا ئەم سورەتەی ناردە خوارەوە، تا هەم ئەوان واز لەوە بهێننو هەم دەرسێك بێت بۆ باوەڕداران تا لەدنیادا هەن.

بەناوی اللهی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئێوەی سەرگەرم كرد خەریكبوونتان بە زۆركردنەوە، زۆركردنی ماڵ، منداڵ، یارمەتیدەرو خزمەتچی تا واتان لێهات كە پاشەڕۆژتان لەیادچو.

(٢) تا ئەو كاتەی كە مردنو چوونە گۆڕەوە، ئەو كاتە بیردەكەنەوە، وە ئاشكرایشە بیركردنەوەی ئەو كاتە هیچ سوودێكی نابێت بۆتان، بۆیە بەتوندی دڵەكان ڕادەپەڕێنێتو دەفەرموێ:

٣ نەكەن شتی وا وخۆتان بێ ئاگا مەكەن لە پاشەڕۆژ بەم زوانە دەزانن كە هاتنی پاشەڕۆژو حیسابو بەهەشتو دۆزەخ ڕاستە. دیسان پەروەردگار دەفەرموێ:

٤ پاشان باش بزانن وانیە، بۆچونەكانتان ڕاست نیەو بەهەڵەدا چوونو بەم زوانەش دەزانن كە چەند سەرلێشێواوو نەزان بون. ئینجا دەفەرموێ:

٥ بەڕاستی ئێوە ئەگەر بزانن بە زانینێكی راست بێگومان ئا بەو شێوەیە خۆتان سەرگەرم نەدەكردو ئەم زیانە گەورەتان لەخۆتان نەدەداو لەو ڕۆژەدا شەرمەندەو سەرشۆڕ نەدەبون. ئینجا دەفەرموێ:

٦ سوێندبێت بەڕاستی بێگومان ئێوە دۆزەخ دەبینن.

٧ پاشان بەڕاستی ئێوە دۆزەخ دەبیننو ئەو بینینەیش بێگومانەو بە چاوی خۆتان دەیبینن،

دەڵێن: ئاگر لەوكاتەدا پرمەیەك دەكات هەمو فریشتە نزیكەكانو پێغەمبەرەكان بەروی ئەژنۆیاندا دەكەون لە ترسو گەورەیی بینینی ئەو ڕووداوە گرنگە وەك لە سورەتی كەهف/٥٣)دا دەفەرموێ:﴿خۆ ستەمكاران ئەوئاگرە دەبینن ئەوسا دڵنیادەبن كەتێی دەكەونو هیچ لادەرێكیش نیە كەلایانبدات لێی﴾ ئینجا دەفەرموێ:

٨ لەپاشان، سوێند بێت لەبارەی تەواوی نیعمەتەكانەوە لەو ڕۆژەدا پرسیارتان لێ دەكرێت، هەر لە تەندروستیو خۆراكو پۆشاكەوە بگرە تا ئاسوودەییو ئاوی فێنك، جا ئەگەر شوكرتان كردبێتو مافەكانی خواتان پاراستبێتو بوبێت بەهۆی زیادە بەندایەتیو چاكەكردنو دووركەوتنەوە لە تاوان ئەوە دیسان خوا نیعمەتانێكی زۆر زیاترو بێ سنورو بەنرخترتان پێ دەدات، بەڵام ئەگەر بەهۆی ئەو نیعمەتانەوە زیاتر لەخۆی بایی بوبنو تاوانو ستەمی زیاترتان پێكردبێت ﷻ تۆڵەی سەختتان لێ وەردەگرێت وەك لە سورەتی ئەحقاف/ ٢٠)دا دەفەرموێ:﴿وە ئەو ڕۆژەی كە خوانەناسان ڕادەگیرێن بەسەر ئاگردا، پێیان دەوترێت: خۆشی خۆتانتان لە ژیانی دنیادا بردوەو لەزەتتان لێ وەرگرتوە، ئەوسا ئەمڕۆ بەسزایەكی سوكایەتی سزادەدرێن بەهۆی لوت بەرزی ناڕەواتانەوەو بەهۆی خراپكاری لەسنور بەدەرتانەوە﴾

لەو كاتەی كەئەم ئایەتەدابەزی زوبەیر وتی: {فَأَيُّ النَّعِيمِ نُسْأَلُ عَنْهُ وَإِنَّمَا هُمَا الْأَسْوَدَانِ التَّمْرُ وَالْمَاءُ قَالَ أَمَا إِنَّهُ سَيَكُونُ /الترمذي. حسنه الالبانی/ ئەی پێغەمبەری خوا لەكام نیعمەت پرسیارمان لێ دەكرێت خۆئیمە هەر ئەودووانەمان هەیە:خورماو ئاو؟ فەرموی: ئاگاداربن كەئەو پرسیار كردنە هەر دەبێت }

پێویستە بزانین كە گۆڕماڵێكی كاتیەو دەبێت لێی دەرچینو وشەی ﴿ زُرْتُمُ ﴾ ئەوە دەگەیەنێت چونكە سەردان گەڕانەوەی تێدایە، بەڵێ دەبێت جارێكی تر لەو گۆڕە بێینەدەرەوە بۆ حەشرو حیسابو بەهەشتو دۆزەخ. پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەیفەرمو: { أَلْهَاكُمْ التَّكَاثُرُ قَالَ يَقُولُ ابْنُ آدَمَ مَالِي مَالِي وَهَلْ لَكَ مِنْ مَالِكَ إِلَّا مَا تَصَدَّقْتَ فَأَمْضَيْتَ أَوْ أَكَلْتَ فَأَفْنَيْتَ أَوْ لَبِسْتَ فَأَبْلَيْتَ/الترمذي.الالباني:صححه/ هەوڵدان بۆزۆركردنی سەروەت و سامان سەرگەرمی كردن، فەرموی نەوەی ئادەم هەردەڵێ: ماڵەكەم، ماڵەكەم مەگەر ماڵی تۆ هەر ئەوە نەبوە كەكردوتە بەچاكە ئا ئەوەت بۆماوەتەوە؟ یان خواردوتە خۆڵەناوت بردوە؟یان پۆشیوتە جا ڕزاندوتە؟}.

سُورَةُ العَصْرِ ١٠٣ — ٣

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَٱلۡعَصۡرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ﴿٣﴾

سُورَةُ الهُمَزَةِ ١٠٤ — ٩

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ ﴿١﴾ ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ ﴿٢﴾
يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ ﴿٣﴾ كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ ﴿٤﴾
وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ ﴿٥﴾ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ﴿٦﴾ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ
عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ﴿٧﴾ إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ ﴿٨﴾ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ ﴿٩﴾

سُورَةُ الفِيلِ ١٠٥ — ٥

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ ﴿١﴾ أَلَمۡ يَجۡعَلۡ كَيۡدَهُمۡ
فِي تَضۡلِيلٖ ﴿٢﴾ وَأَرۡسَلَ عَلَيۡهِمۡ طَيۡرًا أَبَابِيلَ ﴿٣﴾ تَرۡمِيهِم
بِحِجَارَةٖ مِّن سِجِّيلٖ ﴿٤﴾ فَجَعَلَهُمۡ كَعَصۡفٖ مَّأۡكُولِۭ ﴿٥﴾

سورەتی عەسر ١٠٣ — ٣

سورەتی عەسر لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، ئەم سورەتە سێ ئایەتە، سەدو سێهەمین سورەتی قورئانەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین سیانزەمین سورەتە کە پاش سورەتی (الشرح) و پیش (العادیات) دابەزیوە.

دەڵێن: عەمری کوڕی عاس پێش ئەوەی موسڵمان بێت چوەتەلای (موسەیلەمەی درۆزن)و پرسیاری لێکردوە چی هاتوە بۆ هاورێکەتان؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: سورەتێکی بۆ هاتوە، وتی کامەیە؟ عەمریش وتی ﴿وَٱلۡعَصۡرِ﴾ تا کۆتایی بۆی خوێندەوە، ماوەیەك بێ دەنگ بو ئینجا وتی: منیش شتێکی وەکو ئەوم بۆ هاتوە عەمر وتی کامەیە؟ وتی (یا وَبر یاوَبر إنما أنت أُذنان وَصدر وسائرك حقر ونقر/ ئەی وەبر ئەی وەبر تۆ هەر دوو گوێ‌و سنگێکی باقیت هیچ‌وپوچە) لەپاشدا وتی: ئەی عەمر بەلاتەوە چۆنە؟ عەمریش پێی وت: (واللهِ إنَّكَ لَتَعْلَمُ أنّي أعْلَمُ أنَّكَ تَكْذِبُ/ وەڵلاهی تۆ دەزانی کە من دەزانم تۆ درۆ دەکەیت) ئاشکرایە وەکو لە پێشەوە زانیت عەمر لەوکاتەدا موسڵمان نەبو، بەڵکو دژمنێکی زۆر سەرسەخت بو بەرانبەر بە ئیسلام‌و قورئان‌و پێغەمبەر ﷺ، کەچی لەو شوێنەدا ئەو شایەتیە گرنگە دەدات (ڕاستی قورئان‌و درۆزنی موسەیلەمە)، وە یارەکانی پێغەمبەرمان ﷺ هەر کاتێك بگەیشتنایە بەیەك جیا نەدەبونەوە تا سورەتی عەسریان نەخوێندایەوە، ئەم سورەتە ئەوەندە بەرزو بەمانایە کە ئیمامی شافیعی دەڵێت: ئەگەر خەڵکی بیریان لەم سورەتە بکردایەوە بەسیان بو.

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) سوێند بە کات کە تەواوی جموجۆڵی مرۆڤ لەودایەو ڕووداوەکان هەروەکو ئیشەکانی مرۆڤ لە چاك‌و لە خراپ لە کاتدا ڕوودەدەن‌و لەسەر ئەو چاکەو خراپەی مرۆڤ، بەرزی‌و نزمی، بهەشت‌و دۆزەخ وەردەگیرێت.کات شتێکی بەنرخەو پرسیاری لەبارەیەوە دەکرێت، ئینجا دەفەرموێ:

(٢) بەڕاستی مرۆڤ لە زیاندایە مەبەست تەواوی مرۆڤە واتە هەمو مرۆڤێك لە زیاندایە، بێجگە لەو کەسەی کە ئەم چوار وەسفەی تێدابێت وەك دەفەرموێ:

(٣) مەگەر ئەو کەسانەی کە باوەڕی تەواویان هێنابێت واتە باوەڕهێنان بناغەی موسڵمانیەتیەو تا باوەڕ نەبێت هیچ کردارێك‌و وتارێك‌و نیەتێکی چاك سودی نابێت بۆ پاشەڕۆژ، بۆیە پاش باوەڕ ئینجا باسی سێ وەسفەکانی تر دەکات‌و دەفەرموێ: ئەوسا ئیشی چاکیان کردبێت کە ئەمە هەمو نیەت‌و وتارو کردارێکی پەسەند دەگرێتەوە، لەبارەی وەسفی سێهەمەوە دەفەرموێ: وە ئامۆژگاری یەکتریان کردبێت لەسەر حەق‌و ڕاستی کە ئەمەش هەموو کردارێك‌و وتارێك‌و نیەتێکی ڕاست‌و دروست دەگرێتەوە، ئاشکرایە ئەوانەی کە باوەڕی ڕاستیان هێنابێت‌و ئیشی چاکیان کردبێت‌و ئامۆژگاری یەکتریان کردبێت لەسەر حەق‌و ڕاستی، گرفتاری سەخت ڕویان تێ دەکات‌و پێویستیان بە دەرمانی ئەو سەختی‌و گرفتاریانە هەیە کە ئەویش خۆگرییە، بۆیە لە مەرجی چوارهەمی ڕزگاربونی مرۆڤدا دەفەرموێ: جا ئامۆژگاری یەکتریان کردبێت لەسەر خۆگری لەسەر بەندایەتی‌و خۆگری لە تاواناکردن‌و خۆگری لەسەر گرفتاری‌و بەڵاو موسیبەت.

ئینجا بەراوردی قسەی درۆزن لەگەڵ قسەی خوادا بکەن‌و بزانن چەند دوورن لەیەکەوە، دڵنیابن یاسا دەستکردەکانی ئەمڕۆی جیهان لە بەرانبەر یاسای خواوە هەروەکو قسەکەی (ئەبو موسەیلەمەی درۆزنە) لە بەرانبەر سورەتی (والعصر)دا بەبێ جیاوازی، بەڵام چی دەکەیت لەم ڕۆژگارەدا پیاوێکی وەکو عەمری کوڕی عاسمان تێدا نیە (لاحول ولا قوة إلا بالله).

سورەتی هومەزە ١٠٤ ‏ ٩

سورەتی هومەزە لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، نۆ ئایەتە، سەدو چوارەمین سورەتی قورئانەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین سی‌و سێهەمین سورەتە کە پاش سورەتی (القیامة) و پیش (المرسلات) دابەزیوەو بە سورەتی (اَلْحُطَمَةُ) ش ناو براوە.

بەناویالله ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

١ وای دۆزەخ بۆ هەمو تانەو تەشەردەرێك لە خاوەن باوەڕان، وشەی ﴿هُمَزَةٍ﴾ بەو کەسە دەڵێن کە بە قسە تانەو تەشەر دەدات لە خەڵك‌و ﴿لُمَزَةٍ﴾ بەو کەسانە دەڵێن بە دەست‌و ئەبرۆو چاو تانەوتەشەر دەدەن، وە بەپێچەوانەیشەوە مانایان کردوە، گرنگ ئەوەیە کە بزانین خوای گەورە ئەو هەڕەشە توندە دەکات لەو کەسانەی کە تانەو تەشەر لە خەڵك دەدەن‌و ناشیرینی دەکەن ئیتر بەهەر شێوەیەك ئەو ئیشە بکەن، ئینجا خوا ڕونتر ئەو مرۆڤە ناپەسەندانە باس دەکات‌و دەفەرموێ:

٢ ئەو کەسەیە کە ماڵی کۆکردوەتەوەو هەر خەریکی ژماردنیەتی‌و بەو هۆیەوە لە پاشەڕۆژ بێ ئاگایە،

٣ چونکە وا دەزانێت کە ئەو ماڵەی خۆشبەختی دەکات‌و بۆ هەمیشە لە دنیادا دەیهێڵێتەوە، بۆیە پەروەردگاری داناو میهرەبان ئەو جۆرە بێ ئاگاو نەزانانە ڕادەوەستێنێت‌و دەفەرموێ:

٤ شتی وا نەکەن ، بەسیەتی نەزانی‌و نەفامی، بیر لە ئایندەی خۆتان بکەنەوە،چونکە سوێند بێت فڕەدەدرێنە ناو هاڕێرەرەوە، جا پرسیار دەکات‌و دەفەرموێ:

٥ خۆ تۆ نازانی ئەی (محمد) ﷺ ئەو هاڕێرەرە چیە؟ ئینجا خوا خۆی باسی ئەو شوێنە پڕ مەترسیە دەکات‌و دەفەرموێ: ئەو هاڕێرەرە

٦ ئاگرێکی هەڵگیرسێنراوی خوایە.

٧ کە دەدات بەسەر دڵەکاندا، ئەم ئاگرە هەمو لەشی دەسوتێنێت‌و هەروەك بەردی ئاش دەیهاڕێت، کەچی لێرەدا تەنها باسی دڵی کردو فەرموی بەسەر دڵەکاندا دەدات، بۆ؟ چونکە دڵەکان بون کەخاوەنەکانیان سەرگەرم کرد بە کۆکردنەوەی ماڵ‌و عەمبارکردنی‌و نەدانی حەقی خواو خەڵك‌و لوتی بەرزکردنەوەو دەستیانکرد بە تانەو تەشەردان لە باوەڕدارو کەمدەستان‌و ئێشیان گەیاند بە دڵیان‌و نارەحەتیان کردن، بۆیە وا ئەمڕۆ دەبێت قورسایی ئاگرەکە لەسەر دڵەکان بێت‌و ئاشکرایشە ئێشی دڵ لە هەمو ئێشەکانی تر سەختترو گرانترە، ئینجا خوا دەفەرموێ:

٨ بەبێگومان ئەو ئاگرە لەسەر ئەوان داخراوە واتە ڕێگای دەرچونیان نیەو دەنگیان بە هیچ جێگایەك ناگات بەڵکو لەوەش زیاتر،

٩ لەناو دیرەکی ئاسنین دا تەتەر پێچ کراون‌و درێژکراون، بەڵێ دنیاپەرستان وایان دەزانی دنیا هەر هی ئەوانەو هەرگیز نامرن‌و بیریان تەنها لە خۆشی‌و ڕابواردنی ئەم ژیانە دەکردەوەو هیچ نرخێکیان بۆ باوەڕداران‌و کەم دەسەڵاتان دانەدەنا تا لەناکامدا هەناسەی داخ‌و گەرمی خەفەت‌و مەراقی ئەوان دای لە دڵی ماڵپەرستانی ستەمکارو وەکو پاروو لەناو کوڵەکەی ئاگردا تەتەرپێچ کران‌و بەسزای تاوانی خۆیان گەیەنران.

(١٠٥) سورەتی فیل (٥)

سورەتی فیل لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، پێنج ئایەتە، سەدو پێنجەمین سورەتی قورئانە، وتراوە بەگوێرەی دابەزین نۆزدەهەمین سورەتە کە پاش سورەتی (الکافرون) و پیش (الفلق) دابەزیوە.

بۆ ڕۆشنکردنەوی مانای ئەم سورەتە پێشەکی بە شێوەیەکی مام ناوەندی باسی ئەو ڕووداوە دەکەین، وەکو ئیبنوکەسیر بۆمان باس دەکاتو دەڵێت:

لەپێشەوە باسی (اصحاب الاخدود)مان کرد، ئەوە لە زەمانی پاشایەك لە پاشاکانی حمیەر بەناوی (زونەواس) کە بت پەرست بوە، هەمو باروەڕدارانی ئەو داستانەی پێشوی شەهیدکردوە کە دەڵێن: نزیکەی بیست هەزار نەفەر بون، هیچیان دەرنەچوو بێجگە لە کەسێك کە ناوی (دەوسی زوسەعلەبان) بوو ڕۆیشتو پەنای بردە بەر قەیسەر پاشای شام کە مەسیحی بو دیارە، ئەوانیش لەسەر باوەڕبون بە مەسیح ئەو بەڵایانەیان بەسەرهات، ئەویش نامەیەکی نووسی بۆ نەجاشی پاشای حەبەشە چونکە نزیك بون لەوەوە، دوو کەسی بە ناو (ئەریاتو ئەبرهە)ی کوڕی سەباحی باوکی یەکسوم بە سوپایەکی زۆرەوە نارد، ئەوانیش چوونە یەمەنو داگیریان کردو لەدەست پاشای حیمیەریان سەندەوە، وە زونەواسیش لە دەریادا خنکا، حەبەشە یەمەنی بۆ یەکسەر بوەوەو ئەو دوو کەسە سەرپەرشتیان دەکرد، تا ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوەو ئامادەی ئەوەبون کە بە دوو سوپا لەیەکتر بدەن، یەکێکیان وتی بۆ شەڕ بە سوپایەکە بکەین با دوو بەدوو لەیەکتر بدەین هەرکاممان ماین ئەوە ببێت بە پاشا، هەردوو هاتنەدەرەوە لەنێوانی دوو سوپاکەداو (ئەریات) هێرشی بردە سەر ئەبرەهەو شمشێرێکی دا بە دەم و لوتو ناوچاوانیداو لەتی کرد لەو کاتەدا (عەتودە) کە خزمەتکاری ئەبرەهە بو پەلاماری (ئەریاتی)داو کوشتیو ئەبرەهە بە برینداری گەڕایەوەو تیماری برینەکەی کردو چاکبویەوەو بو بە پاشای ئەو سوپایەی کە لە یەمەنی سەربە حەبەشەدابو، جا نەجاشی کاتێك بەمەی زانی زۆر توڕەبو لەسەر ئەو ئیشەی کە ئەبرەهە کردبویو هەڕەشەی لێکردو سوێندی خوارد دەبێت پێ بخەمە ئەو وڵاتەو مووی ناوچاوانیشت ببڕم، ئەویش هەستا بەدڵ دانەوەی نەجاشیو خەیارماڵیکردنو نمایەندەیەکی نارد بۆ لای بە کۆمەڵێکی زۆر بەخششو دیاری بۆی لەگەڵ یەك تورەکە لە خاکی یەمەنو موی ناوچاوانی خۆیشی بڕیو ناردی لەگەڵیداو لە نوسراوەکەیدا دەڵێت: با پاشا پێ بخاتە سەر ئەم کیسەیە تاکو سوێندەکەی نەکەوێتو ئەوەش موی نێوچاوانمە کە ناردومە بۆ لات، کاتێك کە ئەمە گەیشتە پاشا، سەری سوڕماو لێی ڕازی بو، جا داینا لەسەر جێگای خۆی، ئەبرەهە کەسێکی نارده لای نەجاشیو پێی وت: بەڕاستی من کلیسایەك بۆ تۆ دروست دەکەم لە خاکی یەمەندا کە بینای وا پێش ئەو نەکرابێت،

ئینجا دەستیکرد بە دروستکردنی کلیسایەکی زۆر گەورە لە (سەنعا)دا زۆر بەرزو گەورەبو و دیوارەکانی بە نەخشو نیگار جوان کردبو کە عەرەب پێیان دەوت (قولەیس) لەبەر بەرزیەکەی، چونکە هەر کەسێك تەماشای بەرزایەکەی بکردایە کڵاوی لەسەر دەکەوت، ئەبرەهە ویستی حەج لە کەعبەوە بگوازێتەوە بۆ ئەو ماڵە، عەرەبەکانی عدنانیو قەحتانی پێیان ناخۆشبو و قورەیشیش بەمەزۆر ڕقیان هەستا، هەتا یەکێك لەوان چو بۆ یەمەنو چوەناو ئەو ماڵەوەو پیسایی تێکردو گەڕایەوە، خزمەتکارەکەی ئەوەی بینی وبە ئەبرەهەی پاشایانی گەیاندو وتیان: ئەمە ببێتو نەبێت کاری قورەیشەو بە ڕقو تۆڵەی ماڵەکەی خۆیان وایانکردوە، لەبەرئەوە ئەبرەهە سوێندی خوارد کە بچێت بۆ مەکەو بەردی بەسەر بەردەوە نەیەڵێتو وێرانی بکات، جا ئەبرەهە خۆی ئامادەکرد، کەسوپایەکی بەهێزی وای پێکەوەنا کە کەس نەتوانێت بەرگری لێ بکات، چەند فیلێکی گەورەیشی لەگەڵ خۆیدا برد بەتایبەت فیلێکیان کە نەجاشی بۆی ناردبو بەناو (محمود) کە زۆر گەورەو بەهێزبو کە ژمارەی ئەو فیلانە هەندێك دەڵێن هەشت بونو، هەندێکی تر دەڵێن دوازدە بون، وەژمارەی بێجگە لەمانەیش وتراوە (والله أعلم)

ئەمەش بۆ ئەوەبو کە زنجیریان پێوە ببەستنو بیخەنە هەر چوار دیوارەکەی کەعبەوەولێیان خوڕنو یەکجار ماڵەکە بڕوخێنن، کاتێك عەرەب بەمەیان زانی ئەمەیان

زۆر بەلاوە سەختو گەوەربو بە پێویستیان زانی کە بەرگری لەو ماڵە پیرۆزە بکەن، لەبەرئەوە پیاوێك لە پیاوە گەورەکانی یەمەن کە ناوی (زونەفەر) بو کە خاوەن قسەو دەسەڵات بو گەلەکەی خۆی بانگ کردو هەرکەسێکی تر لە عەرەب کە بەگوێی کردو ئامادەی کرد بۆ جیهادو بۆ پاراستنی ماڵی خواو شەڕکردن لەگەڵ ئەبرەهەدا، کۆمەڵێك وەڵامیان دایەوەو شەڕیان کرد لەگەڵ ئەبرەهەداو شکاندنی، لەبەر ئەو شتەی کە خوا دەویست لە ڕێزو گەورەیی کەعبەودواتر (زونەفەر)یش گیرا،

ئینجا لەگەڵ خۆیدا هێنایو بەرەو خاکی (خەسعەم) هاتو (نوفەیلی) کوڕی (حەبیبی خەسعەمی) لەناو گەلەکەی خۆیدا بەناو (شمرانو ناهیس) بەرەنگاری ئەبرەهە بویەوە، بینیان ئەوانیشی شکاندو (نوفەیلیشی) گرتو ویستی بیکوژێت لەپاشان عەفوی کردو لەگەڵ خۆیدا هێنای تا ڕێنمایی ڕێگایان بۆ بکات، کاتێك کە نزیکبونەوە لە خاکی (تائیف) چوونەدەرەوە بۆ پێشوازیو چاپلوسی تا ماڵەکەی خۆیان کە پێیان دەوت (اللات) بپارێزێت، ڕێزێکی زۆریان لێگرتو پیاوێکیشیان بەناوی (ابوریغال) لەگەڵدا نارد بۆ شارەزایی ڕێگا، کاتێك ئەبرەهە گەیشتە (موغەمەس) کە نزیکی مەکە بو دابەزیو وشترو مەڕو ماڵاتی ئەهلی مەکەی تاڵانکرد کە دوو سەد وشتری عەبدولموتەلیبی تێدابو، دیارە ئەو تاڵانەیش بە فرمانی ئەبرەهە بو کە بە فەرماندەی گرۆهی پێش قەرەوڵی کە ناوی (ئەسوەدی کوڕی مەفسود)بو، وت بوی. ئینجا ئەبرەهە (حوناتەی حمیەری) نارد بۆ مەکەو داوای کرد کە شەریفترین پیاوی قورەیش بێتەلایو پێیان بڵێ کە پاشا نەهاتوە شەڕتان لەگەڵدا بکات مەگەر ڕێگای بگرن، جا (حوناتە هاتو خەڵکیش عەبدولموتەلیب یان پێ ناساند، ئەویش قسەی ئەبرەهەی بەو گەیاندو عەبدولموتەلیبیش وتی: سوێند بە ﷲ ئێمەیش نامانەوێت شەڕبکەین لەگەڵیداو توانای ئەومان نیە، ئەمە ماڵی خوایەو قەدەغەکراوەو ماڵی خۆشەویستی خوایە کە ئیبراهیمە، ئەگەر ئەو بەرگری بکات لێی ئەوە ماڵی خۆیەتیو قەدەغەی کردوەو ئەگەر وازیشی لێ بهێنێت هەر خۆی خاونەیەتی، بەﷲ قەسەم ئێمە توانای پاراستنیمان نیە،

(حوناتە) وتی: وەرە لەگەڵم بۆ لای، ئەویش چو لەگەڵیدا کاتێك ئەبرەهە بینی زۆر ڕێزی لێگرت، عەبدولموتەلیب پیاوێکی ڕێكوپێكو سەرو سیما جوان بو، ئەبرەهە لەسەر تەختەکەی خۆی هاتە خوارەوەو لەسەر بەڕەدا لەگەڵیدا دانیشت، جا بەو کەسەی کە زمانی ئەبرەهەو عەبدولموتەلیب ی دەزانی وت: بڵێ پێی هیچ داخوازیەکی هەیە؟ ئەویش وتی: داخوازیم گەڕاندنەوەی ئەو دوو سەد وشترەیە کە بردوتانە، ئەبرەهە بە کابرای وت: پێی بڵێ پێشەکی زۆر نرخی بو لەلام،

بەڵام ئێستا لەبەرچاوم کەوت کە داوای دوو سەد وشتر دەکات، داوای ئەوە ناکات کە ئێمە واز لەو ماڵە بهێنین کە ئایینی خۆیو باوباپیریەتی، عەبدولموتەلیب یش وتی: من خاوەنی ئەو وشترانەم ئەو ماڵەیش خاوەنی خۆی هەیەو بەم زوانە دەیپارێزێت، ئەبرەهە وتی: ناتوانێ لە منی بپارێزێت، ئەویش وتی: ئەوە تۆو ئەوو، جا ئەبرەهە کۆمەڵێك خەڵکی لەگەڵدابو، بەڵێنیاندا کە یەکێك لە سێ بەش لە سەروەتو سامانی (تیهامە) بە ئەبرەهە بدەن کە بگەڕێتەوەو واز بێنێت لە ڕووخاندنی ئەو ماڵە پیرۆزە، ئەویش قبوڵی نەکرد لێیانو وشترەکانی عەبدولموتەلیب ی دایەوەو عەبدولموتەلیب گەڕایەوە بۆ لای قورەیشو پێی وتن: لە مەکە دەرچنو بچنە سەر چیاکان نەوەکو بەهۆی ئەو سوپاوە دوچاری ئێشو ئازارببن، لەپاشان عەبدولموتەلیب چو حەڵقەی کەعبەی گرتو چەند کەسێکی تریشی لەگەڵدابو و پاڕانەوە لە خواو داوای کرد کە خوا سەریان بخات بەسەر ئەبرەهەو سوپاکەیدا، ڕۆیشتنو سەد وشتریان گەردن بەند کردە ملو لەلای ئەو ماڵە پیرۆزەدا بەجێیان هێشت، بەڵکو ئەو لەشکرە دەستدرێژیان بۆ بکەنو خوا تۆڵەیان لێ وەرگرێت، کاتێك کە ڕۆژ بویەوە، ئەبرەهە خۆی ئامادەکرد بۆ ئەوەی بێتەناو مەکەو فیلەکانیان بەرێ خست لەو کاتەدا (نوفەیل ی کوڕی حەبیب) هاتە تەنیشت فیلەکەو گوێی گرتو وتی: ئەی (محمود) بکەوە لێرە یان بگەڕێوە لەکوێ هاتوویت بەڕاستی

تۆ لە شاری اللّٰه ی کە قەدەغەکراوە، پاشان گوێی بەرداو فیلەکە کەوت (نوفەیل) بەپەلە دەرچو هەتا گەیشتە سەر چیاکە، دایان لە فیل کە هەڵبستێت بەڵام هەڵنەستا،

ئینجا بە تەوشێ‌و تەورزێن لە سەریاندا عەسایان لەدواوە تێ برِی هەڵنەستا، بەڵام ڕویان دەکردە هەرلایەك هەڵدەستاوبەپەلە دەرۆی کە ڕویان دەکردە مەکە دەکەوت، ئینجا خوا چەند پۆلێك باڵندەی لە دەریاوە بەشێوە پەرەسێلکەو ڕیشۆڵە بۆ ناردن، کە هەر باڵندەیەك سێ دەنکە بەردی لە قوری سورەوەکراوی پێ بو بە دەنوکی‌و هەردوو لاقیەوە بەشێوەی نۆك‌و نیسك لە هەرکەسیان بدایە ئەوە یەکسەر دەکوژراو هەمویان بەم بەڵایە توشبون‌و نەیان دەزانی بەرەو کوێ برِۆن‌و هەر هەواڵ پرسی (نوفەیل)یان دەکرد کە ڕێگایان پیشان بدات، (نوفەیل)یش لەسەر چیاکەدا تەماشای دەکردن، کە اللّٰه چۆن تۆڵە لەو تاوانبارانە وەردەگرێت، فیلەکان هەمو دەرچون‌و ئەبرەهە خۆی بەرکەوت،بەڵام کتوپڕ نەمرد هەر ساتێك نینۆکێك لە لەشی هەڵدەوەری تا گەیشتە وڵاتی (خەسعەم)و لەوێ مرد، جا ئا لەم ساڵەدا پێغەمبەری ئایزمان ﷺ لەدایکبوەو اللّٰه ئەمە بە نیعمەتێکی گەورە دادەنێت بۆ قورەیش‌و داوایان لێ دەکات کە بەگوێی بکەن‌و پەیرەوی پێغەمبەر ﷺ ببن‌و ئەو ڕوداوە دەخاتە بەر چاویان‌و دەفەرموێ:

بەناوی اللّٰه ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

١ ئایا نازانی خوای تۆ چی کرد بە خاوەن فیلەکان؟ واتە بێگومان تۆ ئەم هەواڵەت زانیوە، ئینجا خوای بەئاگاو دانا وەڵامی پرسیارەکەی بۆ ڕۆشن دەکاتەوە بەشێوەی پرسیارێکی تر و دەفەرموێ:

٢ ئایا فرِوفێڵی ئەوانمان لەناو نەبردو نەمانکرد بە شتێکی ون بو؟ بەم شێوەیە کە دەفەرموێ:

٣ جا اللّٰه باڵندەکانی ناردە سەریان پۆل پۆل کە هەر یەکەیان ڕاسپێردراو بو بۆ لەناوبردنی سێ کەس .

٤ کەتیربارانیان کردن بە بەردێك کە لە قوری بەئاگر سورۆکراو دروستکرابو لەنێوان نۆك‌و نیسکدا، باڵندەکانیش بەشێوەی پەرەسێلکەو ڕیشۆڵەبون هەر بەردێکیان لە کەسێك دەدا کتوپڕ هەمو ئەندامەکانی لەشی دادەرِزاندو بە ماوەیەکی زۆر کەم ئەو لەشکرە گەورەیەی کە لە پێشەوە لەناو داستانەکەدا باسمانکرد تارومار کران‌و لەناوچون، ئەوەتە دەفەرموێ:

٥ هەر بەدوای لێدانەکانیدا اللّٰه وەکو کای خوراوی لێکردن‌و ئێسك‌و پروسکەکانیان ئەوەندە وردو وشکبونەوە کە بەشێوەی کای خوراو (تەرسی چارەوێ‌و ئێسترو کەر)ئەگەر دەستیان لێبدرایەورد ورد دەبون، ئا بەو شێوەیە اللّٰه ئەو لەشکرەی لەناو بردو ماڵەکەی خۆی پاراست‌و سەروەت‌و سامانێکی زۆری ئەو لەشکرە کەوتە دەستی قورەیش، لەو ساڵەدا پێغەمبەرمان ﷺ لەدایکبوە، ئەگەرچی قورەیش بت پەرستبون‌و ئەبرەهەو پەیرەوانی مەسیحی بون بەڵام شکان لەبەر ئەو هۆیانە:

یەکەم- چونکە لەشکرێکی ستەمکاربو، خوا بەو شێوەیە تارومارى کردن.

دووهەم- بت پەرستی تاوانێکی نێوان بەندەو خوایە، بەڵام دەستدرێژی‌و ستەم تاوانێکی نێوان بەندەکانە، اللّٰه بۆ تۆڵە سەندنەوەی مافی خۆی پەلە ناکات، بەڵام بۆ تۆڵەسەندنەوەی مافی خەڵك بەپەلەیە.

سێهەم- ئەگەرچی مەکە بت پەرستانی تێدایە، بەڵام خۆ ئەوان تەنها مەبەستیان لەناوبردنی ماڵی خوابو، ئەوەبو ئەبرەهە بە (عەبدولموتەلیبی) وت: ئێمە نەهاتوین شەڕ لەگەڵ ئێوەدا بکەین ئەگەر ڕێگامان نەگرن بۆ ڕووخاندنی ئەو ماڵە.

چوارهەم- ئەگەرچی خەڵکی مەکە بت پەرستبون بەڵام اللّٰه ماڵەکەی خۆی مەبەستەو دەیەوێت بیپارێزێت، پاشان بیکات بە جێگای هاتنی پێغەمبەر کۆتای و بیکات بەجێگای یەکێك لە بەندایەتیە فەرزەکانی پەیرەوانی ئاینەکەی کەحەجەو کۆنفرانسی ساڵانەی موسڵمانانە، وە هەروەها بەڵگەیەك بێت لەسەر ڕاستی‌و دروستی ئەو پێغەمبەرە (الارهاص) ئەوەتە خوا بەو شێوەیە ئەو جێگایە دەپارێزێت تا کەسێکی ئاوای تێدا بکات بە پێغەمبەر، جا ئەگەر ئەو پێغەمبەرە نەبوایە خوا ئیشی وای بۆچی بۆ دەکرد؟

سُورَةُ قُرَيْشٍ ١٠٦ — ٤

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ ﴿١﴾ إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ
﴿٢﴾ فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ﴿٣﴾ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم
مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴿٤﴾

سُورَةُ المَاعُونِ ١٠٧ — ٧

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ﴿١﴾ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى
يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ﴿٢﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴿٣﴾
فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ
﴿٥﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ﴿٦﴾ وَيَمْنَعُونَ ٱلْمَاعُونَ ﴿٧﴾

سُورَةُ المَاعُونِ ١٠٨ — ٣

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ ٱلْكَوْثَرَ ﴿١﴾ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴿٢﴾
إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ﴿٣﴾

سورەتی قورەیش ١٠٦ — ٤

ئەم سورەتە کە بە سورەتی قورەیش واتە کورانی نەزری کوری کینانە دەناسرێت، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوەو چوار ئایەتە، سەدو شەشەمین سورەتی قورئانە کە وتراوە بە گوێرەی دابەزین بیستو نۆهەمین سورەتە کە پاش سورەتی (التین)و پێش سورەتی (القارعة) دابەزیوە.

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئەوەمان هێنا بەسەر لەشکری ئەبرەهە کە لە سورەتی پێشودا باسکرا لەبەر پاراستنی ئاسایشو کۆکردنەوەی قورەیش یان لەبەر ئەو عادەتەی قورەیشو لەبەر یەکبونو پەیدابونی دۆستایەتی بۆیان، کام عادەت؟

(٢) ئەو عادەتەیان کە کاروانیان دەکرد لە زستاندا بۆ یەمەنو لە هاوین دا بۆ شام، جا بەبۆنەی ئەو ماڵەوە رێزیان لێ دەگیراو کەس دەستدرێژی نەدەکردە سەریانو بەشێوەیەکی باش دەژیان واتە: تارێزی کەعبە پایەداربێ وئەوان بتوانن لەورێزەکەڵك وەرگرنو بێ ترس هاتوچۆی خۆیان بکەن و لەکەس نەترسن و بەوهۆیەوە بژێوی خۆیان پەیدابکەن، جا خوا ئەو نیعمەتە بەنرخە دەخاتەوە بەر چاویانو دەفەرموێ: (٣) دەی بەندایەتی پەروەردگاری ئەو ماڵە بکەن،

(٤) کە خواردنی داوە بەوانو لە برسێتی رزگاری کردونو رێزی بەوان داوەو لە مەترسی دەست درێژی خەڵکی هێمنی کردونەتەوەو کەس تەمایان تێ ناکات.

کە بەراستی دوو نیعمەتی زۆر گەورەن پێویستە لەسەر قورەیش سوپاسی ئەو پەروەردگارە بکەنو پەیرەوی پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن، مەگەر ئەوان چواردەوری خۆیان نەدەبینی کە چیان پێ دەکرا؟ وەك لە سورەتی عەنکبوت/٦٧)دا دەفەرموێ:﴿ئایا ئەوان نابینن کە کردومانە بەماڵێکی بێ ترس لەحاڵێکدا کە خەڵك لە چواردەوریان چۆن دە رفێنران؟﴾ بەڵێ بەراستی نەهێشتنی برسێتیو ترس دوو نیعمەتی گەورەن لە ژیانی مرۆڤدا، هەروەکو پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێت: { مَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمْ مُعَافًى فِي جَسَدِهِ آمِنًا فِي سِرْبِهِ عِنْدَهُ قُوتُ يَوْمِهِ فَكَأَنَّمَا حِيزَتْ لَهُ الدُّنْيَا/ الترمذي، حسنه الالباني/ هەر کام لەئێوە رۆژی کردەوە لەشی ساغبوو، ترسی نەبوو لەناو کەسوکاری خۆیدابو،وە خواردنی ئەو رۆژەیشی هەبوو بەراستی ئەوە دنیای لەلا کۆبووەتەوە بە هەموو پەلو پۆیەکیەوە}، وە ئەم شارە هێمنو ژیان خۆشیەش وەڵامدانەوەی پارانەوەی ئیبراهیم بو(علی نبینا وعلیه الصلاه السلام).

ئەم ئایەتانە تێمان دەگەیەنن ئەرکی سەرشانی مسوڵمانە شۆڕشگێڕو تێکۆشەرەکان بەگشتیو دەسەڵاتی ئیسلامی بەتایبەت دابین کردنی باری ئابوری وراميارى خەڵك وهێمن کردنەوەی خەڵك لەترسە، ئەوسا چاوەڕوانی خوا پەرستی رێك وروەوان لەخەڵك دەکرێت، جا بۆیە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کە ئاواتی خۆشبەختی وئاسایشی خەڵکەو رێگا بەدەست درێژی کردنە سەر ماڤی خەڵك وداگیرکردنی سەروەت وسامانیان نادات، وەبۆپارێزگاری لەماڵ ولەگیان تیژترین وسەخت ترین سزای لەبەرچاوگرتوە، چونکە ئەگەر ئەو پارێزگاریە نەبێت لەژیانی مرۆڤدا بێجگە لەشەڕو شۆڕو تاڵانو برۆ شتێکی تر وەبەرچاوناکەوێت، جائیسلام بۆپارێزگاری گیان وماڵ یاسای بەهێزوتێرو

تەواوی داناوە، بەڵكو پێیشی وایە كە ئائەو دوو لایەنە دابین نەكرێت خواپەرستی ڕاست ورەوان ناكرێت.

١٠٧ سورەتی ماعون ٧

سورەتی ماعون لە مەكەدا هاتوەتە خوارەوە، حەوت ئایەتەو سەدو حەفتەمین سورەتی قورئانەو وتراوە بەگوێرەی دابەزین حەڤدەهەمین سورەتە كە پاش سورەتی (التكاثر) و پیش (الكافرون) دابەزیوەو بە سورەتی (أَرَءَيْتَ) یان (ٱلدِّينِ)یش ناو براوە.

بەناوی اللّٰه ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) ئایا تۆ نابینی ئەو كەسەی كە باوەڕی بە ڕۆژی قیامەت نیە؟ واتە ئەگەر نابینی یان نای ناسیت گوێ بگرە تا پێناسەكەیت بۆ بكەم،

(٢) ئەوسا ئەوە ئەو كەسەیە كە پاڵ بە هەتیوە دەنێتو بە سووك تەماشای دەكاتو مافی دەخواتو چاكەی لەگەڵدا ناكات. (٣) جا ئەو كەسەیشە كە با خۆیشی چاكە بكات لەگەڵ فەقیراندا بەڵام بێجگە لە خۆی هەڵنانێت بۆ چاكەكردن لەگەڵ بێنەوایاندا، ئەوە وەسفی بێ باوەڕان بو بە ڕۆژی قیامەت وەكو لە سورەتی فەجر دا دەفەرموێ:﴿وانیە كەئەوان دەڵێن، بەڵكو ئەوان ڕێزی هەتیو ناگرن،وەخەڵكی هەڵنانێن لەسەر خواردن دان بە كەمدەستان﴾ ئینجا دەفەرموێ:

(٤) وای دۆزەخ بۆ نوێژگەران،

(٥) ئەوكەسانەی كە لەبارەی نوێژەكانیانەوە سستی دەكەن چ لەكاتی خۆیدا دوای بخەنو چ بە ڕێكوپێكی ئەنجامی نەدەنو چ بیری لێ نەكەنەوەو هێمنیو گەردن كەچی بە لەشو سیمایاندا دیارنەبێت، كاتێك نوێژ دەكەن كە هەر كەس یەكێك لەو وەسفانەی تێدابێت بەر هەڕەشەی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەكەوێت جا (پەنا بە اللّٰه) ئەگەر كەسێك هەر سیانی تێدابێت بەڵگەی موونافیقی كرداری بە تەواوی تێدایە ئەوەتە پێغەمبەرمانﷺ باسی ئەو جۆرە نوێژە دەكاتو دەفەرموێ: {تِلْكَ صَلَاةُ الْمُنَافِقِ يَجْلِسُ يَرْقُبُ الشَّمْسَ حَتَّى إِذَا كَانَتْ بَيْنَ قَرْنَيْ الشَّيْطَانِ قَامَ فَنَقَرَهَا أَرْبَعًا لَا يَذْكُرُ اللَّهَ فِيهَا إِلَّا قَلِيلًا/متفق عليه) ئەوە نوێژی مونافقە، دادەنیشێتو چاوەڕوانی ڕۆژە هەتا وای لێ دێت دەكەوێتە ناو دوو شاخەی شەیتانەوە (نزیكی ڕۆژئاوابون) كە هەڵدەستێت ئەوساچوار دەنوك لە زەوی دەدات، یادی خوای تێدا ناكات مەگەر كەمێك} هەم نوێژی دواخستوەو هەم بەباشیش ئەنجامی نەداوەو هیچ گەردن كەچیەكی پێوە دیارنەبوە، ئاشكرایە ئەم كردنەیش لەبەر خەڵكە ئەگینا نەیدەكرد، وەكو لە وەسفی دووهەمی ئەو نوێژخوێنەدا دەفەرموێ:

(٦) ئەو كەسانەن كە ڕیایی دەكەن تا خەڵك چاوی بكەوێت پێیانو نەڵێن نوێژنەكەرن، لەم سورەتەدا باسی بێ باوەڕ كرا بە ڕۆژی دواییو لەناو باسەكەدا باسی نوێژخوێنانی ناتەواو و شێوە مونافیقی كردو ئینجا گەڕایەوە سەر وەسفێكی تری بێ باوەڕان بە ڕۆژی دواییو دەفەرموێ:

(٧) جا بەرگریش دەكەن لە شتی پێویستی خەڵك جا ئەو شتە پێویستیەكی دیاری بێت وەكو زەكات یان هەر پێویستیەكی تر كە لەلای ئەوان دەست بكەوێتو كەسانی تر نەیانبێتو داوایان لێ بكەنو پێیان نەدەن وەكو ساجو هێڵەكو تەوشێ هەتا دەرزی، عەبدوڵاهی كوڕی مەسعود دەڵێت: { كُنَّا نَعُدُّ الْمَاعُونَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ عَوَرَ الدَّلْوِ وَالْقِدْرِ/ ابوداود،حسنه الألباني) ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ بەئەمانەت دانی سەتڵی ناوهەڵكێشانو دیزەمان بە ماعون دادەنا}

بەڵێ ئا بەم شێوەیە ئایینی ئیسلام داوا لە خاوەن باوەڕان دەكات كە هەمیشە خەریكی چاك كردنەوەی نێوانی خۆیان بن لەگەڵ یەكتردا بە ئەنجامدانی ئیشی چاكو دووركەوتنەوە لە شتی خراپ، ئەو شتانەی كە ببن بەهۆی دەنگ لەیەكتر وەرگرتنو بەشی بەشیانو هەوڵی بەتینكردنی پەیوەندی نێوان خۆیانو خوایان بدەن كە نوێژ گەورەترین ڕێگای ئەو پەیوەندیە بەنرخەیە، داوامان لێ دەكات كە كەمتەرخەمی تێدانەكەین.

لەم سورەتەوە یاسایەكی فیقهیمان دەست دەكەوێت ئەویش ئەوەیە ئایەت بێ زانینی پێشوو پاشەكەی مانا ناكرێت

چونکە ﴿فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ﴾ ئایەتێکی سەربەخۆیە،جا ئەگەر تەماشای پاش خۆی نەکەیت مانکردنی پر مەترسیە واتە:وای بۆ نوێژخوێنان. هەروەکو ئایەتی هەشتاوهەشتی سورەتی تاها دەفەرموێ:﴿لەشی گوێرەکەیەکی بۆ دروستکردن کە قۆڕەی هەبو جا وتیان: ئەمە خوای ئێوەو خوای موسایە جا موسا لەبیری چوە﴾.

١٠٨ سورەتی کەوسەر ٣

سورەتی کەوسەر لە مەدینەداو هەندێك دەڵێن لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوە، وەك سورەتی مەسدو سورەتی عەصر سێ ئایەتە، بەڵام وشەو پیتەکانی لەوان کەمترە.

دەڵێن ئەم سورەتە لەبارەی عاسی کوڕی وائیلەوە هاتوە کە هەر کاتێك باسی پێغەمبەر ﷺ بکرایە لەلای دەیوت باسی مەکەن وەجاخ کوێرە هەر مرد ئیتر ناوی نامێنێت، لە فەرمودەیەکدا کە مسلم هێناویەتی، ئەنەس دەڵێت لەکاتێکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەناو ئێمەدا بو لە مزگەوتدا کەمێك بێهۆشی گرتی لەپاشان سەری بەرزکردەوەو زەردەخەنەیەکی کرد، وتمان: چ شتێك پێی کەناندی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرموی: هەرئێستا سورەتێکی قورئانم بۆ هات،جا دەستی کرد بە خوێندنەوەی لە (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ١ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ٢ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ) ئینجا فەرموی: (دەزانن کەوسەر چیە؟ وتمان خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ زاناترن، فەرموی: جۆگەیەکە پەروەردگارم بەڵێنی پێداوم کە خێرێکی زۆری پێوەیە، ئەوە حەوزێکە ئومەتەکەم لە ڕۆژی قیامەتدا ئاوی لێ دەخوات‌و کاسەکانی بە ژمارەی ئەستێرەکانە، هەندێ خەڵکیشی لێ قەدەغەدەکرێت، جا من دەڵێم: پەروەردگارم ئەوە ئومەتی منە، خوایش دەفەرموێ: بەڕاستی تۆ نازانیت ئەوە چی داهێنا لەپاش تۆ}

چەندین فەرمودەی تر لەم بارەوە هەیەو زۆربەی قورئان خوێنان ئەمە دەکەن بە بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەو سورەتە لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، چونکە ئەنەسی کوڕی مالیك کە چۆنیەتی دابەزینی سورەتی کەوسەری باس کرد لەسەرەتای هیجرەتدا ئیمانی هێناوە، وەزۆرێك لە زانایان دەڵێن: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) لەم سورەتەدا بەشێکەو لەگەڵ سورەتەکەدا هاتووەتە خوارەوە.

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) بەڕاستی ئێمە شتی زۆرمان بەتۆ داوە، لە پێغەمبەرایەتی‌و قورئانەوە بگرە هەتا بەرزکردنەوەی ناوت‌و تکاو شەفاعەتی گەورەت لە ڕۆژی قیامەتداو حەوزی کەوسەر ئاشکرایە هەموو نیعمەتێکی ﷲ سوپاسی دەوێت‌و گەورەترین سوپاسی خوایش نوێژە بۆیە لەپاش ئەوەی کە فەرموی خێری زۆرمان پێداویت دەفەرموێ:

(٢) دەی تۆیش نوێژبکە بۆ پەروەردگاری خۆت‌و قوربانی بکە بە گیان‌و بە ماڵ بۆ ڕازیکردنی پەروەردگارت. جا هەروەك چۆن نوێژ عیبادەتەو پێویستە تەنها بۆ ﷲ بکرێت هەروەها قوربانی کردنیش وایە بۆیە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: { لَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ/مسلم وغيره/ بەرنفرینی خواکەوێ ئەوکەسەی کە بۆ جگە لە ﷲ قوربانی دەکات}.

(٣) بەبێگومان ئەو کەسەی کە ڕقی لە تۆیەو تۆ بە دوابڕاوەو وەجاخکوێر دەزانێت کە عاسی کوڕی وائیل‌و هاو وێنەکانی بوو خۆی دوابڕاوەو نائومێدو پاشەڕۆژ خراپە، تۆ ئەو هەمو خێرە گەورانەت بۆ هەیەو ئەویش مەگەر هەر بە نەفرین یادی بکرێت وەکو ئەبوجەهل‌و هاو وێنەکانی.

بەڵێ بەڕاستی بەرزی‌و نزمی هەر بەدەست خوایەو هەر ئەو دەتوانێت ئەو جۆرەبەڵێنە بدات‌و جێ بەجێی بکات، منداڵێکی بەهەتیوی ژیاو و نەخوێندەوار پاش ڕۆیشتنی چڵ ساڵ تەمەن بەوشێوەیە ئەو زانیاریە گەورەو گرنگەی پێ دەدات‌و بەماوەی بیست‌وسێ ساڵ ئەو ناووشۆرەت‌و پلەو پایەی پێ دەدات کە هیچکام لە نەوەی ئادەم پێی ناگات، (يَارَبِّ لَكَ الْحَمْدُ كَمَا يَنْبَغِي لِجَلَالِ وَجْهِكَ وَعَظِيمِ سُلْطَانِكَ. وصلَّى الله وسلَّم على سيد ولد ادم مُحمَّدوعلى اله واصحابه واتباعه الى يوم الدين)

١٠٩ سُورَةُ الكَافِرُونَ ٦

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ (١) لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ (٢)
وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ (٣) وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ (٤)
وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ (٥) لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ (٦)

١١٠ سُورَةُ النَّصْرِ ٣

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا جَآءَ نَصْرُ ٱللَّهِ وَٱلْفَتْحُ (١) وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ
يَدْخُلُونَ فِى دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا (٢) فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ
وَٱسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابًۢا (٣)

١١١ سُورَةُ المَسَدِ ٥

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ (١) مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا
كَسَبَ (٢) سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ (٣) وَٱمْرَأَتُهُۥ
حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ (٤) فِى جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍۭ (٥)

١٠٩ سورەتی کافرون ٦

سورەتی کافرون سەدو نۆیەمین سورەتی قورئانە، لە مەکەدا هاتووەتە خوارەوەو شەش ئایەتە. وتراوە بەگوێرەی دابەزین هەژدەهەمین سورەتە کە پاش سورەتی (الماعون)و پێش (الفیل) دابەزیوە.

لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە جابرەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم سورەتەو سورەتی ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ی لە دوو ڕکاتی تەوافدا خوێندوە، هەروەها ئەبوهورەیرەش دەڵێت: کە پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەم دوو سورەتەی لە سوننەتی پێش نوێژی بەیانیدا خوێندوە، هەروەها سوننەتە کاتێك کە چوویتە سەر جێگای خەوتن ئەم سورەتە بخوێنی، پێغەمبەر ﷺ بەیەکێك لەیارانی فەرمو: {اقْرَأْ قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ثُمَّ نَمْ عَلَى خَاتِمَتِهَا فَإِنَّهَا بَرَاءَةٌ مِنَ الشِّرْكِ/ابوداود، صححه الألباني/ سورەتی"قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ " بخوینە پاشان بخەوە کە بەراستی ئەو سورەتە بێزاری دەربرین‌و ڕزگاربونە لە شیرك‌و هاوەڵدانان بۆخوا} پاش ئەوەی لە قسەو بەربەرەکانێدا شکستیان خوارد، هاتن بە شێوەی ئاشتەوایی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دا دوان جا لە کاتێکدا کە پێغەمبەر تەواف کەعبەی دەکرد هەندێك لەگەورەکانی قورەیش وەك ئەسوەدی کوڕی موتەلیب‌و وەلیدی کوڕی موغەیرە هاتنە لای پێغەمبەر ﷺو وتیان:{ يا مُحمّد هَلُم فَلْنَعْبُدْ مَا تعبُد وَتَعبُد مَا نَعبُد فَنشتَرِك نَحنُ وَأنتَ في الأَمرِ فَانزَلَ اللهُ فِيهِم : ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ... إلى آخرها﴾ /صحيح السيرة/ ئەی محمد وەرە با ئێمە ئەوەی کە تۆ دەی پەرستی بیپەرستین‌و تۆیش ئەوەی کە ئێمە دەیپەرستین بیپەرستە، جا ئێمەو تۆ هاوبەش دەبین لەم بەرنامەدا یان وتیان: تۆ ساڵێك بەندایەتی خواکانی ئێمە بکە ئێمەیش ساڵێك بەندایەتی خوای تۆدەکەین، جا ﷲ سورەتی کافیرونی ڕەوانەکرد و بەتەواوی نائومێدی کردن لەوجۆرە ڕێکەوتنانە}.

بەناوی ﷲ ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) بڵێ : ئەی بێ باوەڕان.

(٢) هەرگیز نایپەرستم ئەوەی کە ئێوە دەیپەرستن، دەڵێن پاش ئەوەی لە قسەو بەربەرەکانیدا شکستیان خوارد، هاتن بەم شێوەیە ئاشتەوایی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺدا بکەن‌و وتیان: تۆ ساڵێك بەندایەتی خواکانی ئێمە (بتەکان) بکە ئێمەیش ساڵێك بەندایەتی خوای تۆدەکەین، جا خوا ئەم سورەتەی ناردو فرمانی دا بەسەر پێغەمبەردا ﷺکە بەتەواوی دڵنیایان بکات کە ئەو بێزارە لە خواکانی ئەوان‌و هەرگیز شتی وا ناکات وە بەوانیش بڵێ:

(٣) جا ئێوەیش بەندایەتی ڕاستەقینە ناکەن بۆ ئەو زاتەی کە من دەیپەرستم کە خوای تاك‌و تەنیایە، تا واز نەهێنن لەو بتانە بە تەواوی.

(٤) سا منیش هەرگیز بەندایەتی ناکەم بۆ ئەو بتانە کە ئێوە پەرستوتانە نە ئێستاو نە لە ئایندەدا، بەندایەتی من بەندایەتیەکی پاك‌و خاوێنە بۆ پەروەردگارم‌و وەکو ئێوە ناکەم‌و کەس ناکەم بە هاوبەشی.

(٥) خۆ ئێوەیش بەندایەتی ناکەن بە ڕێك‌وپێکی بەو شێوەیەی کە من بەندایەتی دەکەم بەڵکو ئیشەکانتان لەسەر بناغەیەکی پوچ‌و گومانی ناڕەوایە،

وەك لە سورەتی نەجم/ دا دەفەرموێ:﴿ ئەوانە تەنها چەند ناوێكن كە خۆتانو باو باپیرانتان ناوتان بۆ داناون، هیچ بەڵگەیەكی بەهێز نەهاتوە لەلایەن خوداوە تائەوان دەستی پێ بگرن، بەڵكو ئەوان هەر پەیڕەوی لە گومان دەكەنو ئەوەی كە نەفس ئارەزۆی دەكاتو بە حەقیقەت ئەوان لەلایەن پەروەردگاریانەوە ڕێنماییان بۆ هاتبوو لەسەر زمانی پێغەمبەری خودا ﷺ بەڵام پشتگوێیان خست﴾

٦ بیروباوەڕو ئایینو ڕێبازی خۆتان هەر بۆ خۆتانو بیروباوەڕو ئایینو ڕێبازی منیش بۆ خۆم، واتە من تەنها گەیاندنی ئایینم لەسەرە ئیتر ئێوە كە هەڵی نەبژێرن كەیفی خۆتانەو زۆرتان لێ ناكەم ولە ڕێبازی خۆمیش شتێك كەم ناكەمەوە بۆ ئەوەی كە ئێوە ڕازی ببن، هەندێك دەڵێن ئەم ئایەتە حوكمەكەی بە ئایەتی شمشێر هەڵوەشێنراوەتەوە، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە كە ئێمە مانامان كرد ڕاستیمان پێكابێت هەروەكو خۆیەتیو هەڵنەوەشاوەتەوە. ئەم سورەتە كورتە هەڵوێستی باوەڕدار دەخاتە پێش چاومان لە بەرامبەر داخوازی بێباوەڕان لە باوەڕداران بۆ دەست كێشانەوە لە هەندێك لە بیروبۆچونەكەیان بۆ ئەوەی كە بتوانن لەگەڵ یەكدا بگونجێن، بێباوەڕان كاتێك لە هەمو هەوڵەكانیان بۆ لەناوبردنی ئیسلام نائومید دەبن هەوڵ دەدەن بەم شێوەیە باوەڕدار توشی فیتنە بكەن جا داوای لێدەكەن واز لە هەندێك لەبیروبۆچونەكانی بهێنێت تا بتوانین پێكەوە بگونجێن، وەك لەئایەتی چلونۆ لە سورەتی مائیدە دەفەرموێ: ﴿... وَاحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَن بَعْضِ مَآ أَنزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ/ لەوان وریابە كە توشی فینەت بكەنو گومڕات بكەن لە هەندێ لەوانەی كەاللّٰه بۆتۆی ڕەوانەكردوە.﴾ جا لەم سورەتەشدا پیشانمان دەدات كە پێویستە باوەڕدار بە هەڵویستێكی ڕونو ئاشكرا ئەم داخوازی بێباوەڕانە ڕەد بكاتەوەو ڕێگای خۆی بەتەواوی لەوان جیا بكاتەوەو بزانێت كە ئێرا شوێنی شیرن زمانیو ڕازیكردن نیە وەك ئەوەی دەوا بكرێت لەباوەڕدار كە باس لە دەسەڵاتداری ئیسلامی نەكات ئەوسا دەتوانێت بەگوێرەی ئەو یاسایە كە دەستكردی بەشەرە لەدەسەڵاتداریو یاسادا لەگەڵ بێباوەڕاندا هاوبەشی بكات. دیارە ئەوكەسەی كە لەبەرامبەر ئەم داخوازیەوە هەڵوێستەكەی ئەوە بێت كە لەم سورەتەداهاتوە زۆر تۆشی ڕقو قینی بێباوەڕان دەبێت وەك چۆن توشی پێغەمبەرو یارەكانی هات، چونكە ئەوانە كەسانێك بون كە پەروەردگار لەوەسفیان دەفەرموێ: ﴿وَتُؤْمِنُونَ بِالْكِتَـٰبِ كُلِّهِۦ/وە ئێوە بەم قورئانە بەتەواوی باوەڕ دەهێنن بەبێكەمو زۆر... }

وە لەوەدانە نەبون كە لەباسیاندا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ جَعَلُوا۟ ٱلْقُرْءَانَ عِضِينَ ﴿٩١﴾ فَوَرَبِّكَ لَنَسْـَٔلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٩٢﴾ ﴾ حجر. ئەوكەسانەی كە قورئانیان بەش بەش كردو باوەڕیان بە هەندێك هەبو وهەندێكی تریشیان وازلێ هینابو جا سوێند بەپەروەردگاری تۆ لە هەمویان پرسیار دەكەین}

١١٠ سورەتی نەسر ٣

سورەتی نەسرلەو سورەتانەیە كە لە كۆتایی تەمەنی پێغەمبەرەوە ﷺ لە مەدینەدا هاتووەتە خوارەوە، سێ ئایەتە، وتراوە دوا سورەتە كە بەتەواوی دابەزیوەو هەندێكیش وتویانە سورەتی تەوبە ئاخرین سورەتە. بەڵام گومانی تێدا نیە كە ئەم سورەتە نیشانەی كۆتایی تەمەنی پێغەمبەری ئازیزمانە ﷺ، جا بۆیە بە سورەتی "التودیع " یش واتە سورەتی خواحافیزیو ماڵ ئاوای ناو براوە.

بەناوی اللّٰه ی زۆر بەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

١ هەر كاتێك یارمەتی خوا هات و سەركەوتنو پیرۆزیت بەدەستهێنا، هەر كاتێك ئەو دوو شتەت دەستكەوت.

٢ جا بینیت كە خەڵك پۆل پۆل دێنەناو بەرنامەو ئایینی خواوە.

٣ دەی تۆیش چاكتر خوای خۆت بەپاكو خاوێن ڕابگرەو سوپاسی بكە بۆ ئەو هەموو نیعمەتانەی كە پێی داویت و داوای لێخۆشبوونی لێ بكە، بەڕاستی ئەوزاتە زۆر تەوبە وەردەگرێت، بەڵێ ئەوانەی كە ماوەیەك لەپێش هاتنی ئەم سورەتە دوژمنی سەرسەختی پێغەمبەربوون ﷺ بەڵام خوا یارمەتیەكی وای بەم پێغەمبەرەدا ﷺ كە

سەركەوت بەسەر سەختترین دوژمنیداو ئەو وڵاتەی كە ئەوی لێ دەركرا بە سەركەوتویی گەڕایەوە سەری، ئەو كەس‌وكارەی كە زیاتر لە بیست‌وسێ ساڵبوو شەڕیان لەگەڵدا دەكرد بوون بە سەربازو گیان فیدای ڕێبازەكەی، خەڵكی تریش لە گۆشەو كەناری دورگەی عەرەبی تیرەتیرەو دێ بەدێ دەهاتنە خزمەتی‌و موسڵمان دەبوون، وە ئەوەی پێویست بوو لە یاسا بۆ خەڵك تا ڕۆژی دوایی هەموی پێ گەیشت‌و ئەویش هەموی بە خەڵكی ڕاگەیاندو سەدان‌و هەزاران پیاوی وای پێگەیاند كە تا ئێستایش نە لەبارەی ڕەوانبێژی‌و نە لەبارەی لێهاتوویی‌و نەترسی‌و نە لەبارەی سەربازییەوە وێنەیان نەبووە، هەریەكەیان قورئانێكی زیندوو بوون لەناو خەڵكدا، جا بە هاتنی ئەم سورەتە وەكو لە پێشەوە وتمان پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ هەواڵی مردنی پێدرا، چونكە ئیشی تەواوبوە لە دنیاداو پێویستە بۆ حەوانەوە بەرەو بارەگای بەرزو بەنرخی بۆ لای پەروەردگاری بگەڕێتەوە، جا دەوای لێكرا كە تەسبیحات‌و ئیستغفاری زۆرتربكات‌و كۆتایی ژیانی بەمە تەوابكات.

بەڵێ تەمەنی پێغەمبەرمان ﷺنیعمەتێكی گەورەبوو بۆ خۆیشی‌و بۆ ئوممەتەكەی‌و كۆتایی هەمو نیعمەتێكیش مافی سوپاسكردنی هەیەو پێویستە داوای لێبوردنیش بكرێت لەسەر هەر كەم‌وكوڕیەك كە كرابێت، ئەگەرچی اللە لە تاوانەكانی پێغەمبەرمان ﷺ بە تەواوی چاوپۆشی كردووە، بەڵام پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لەخۆی بایی نەبووە بەڵكو زیاتر خۆی شكاندوەتەوە بۆ اللە و كاتێك كە دەڵێن بۆ ئەوەندە خۆت ماندوو دەكەیت خۆ اللە لە هەمو تاوانەكانت چاوپۆشی كردوە دەفەرموێ: { أَفَلَا أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا؟/ ئایا نابێت منیش بەندەیەكی سوپاسگوزاربم؟}

تەنانەت پاش ئەم سورەتە زۆرجار لە ڕكوع‌و سوجدەدا دەیفەرمو:{ سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ اللَّهُمَّ اغْفِرْلِي/ مسلم وغیر/ پاك‌و بێ عەیبی بۆتۆ ئەی خوایە، ئەی پەروەردگارمان وە لەگەڵ ئەوەشدا سوپاس بۆتۆ، ئەی خوایە لێم خۆشببە}.

١١١ سورەتی مەسد ٥

سورەتی مەسد لە مەكەدا هاتوەتە خوارەوەو پێنج ئایەتە.

ئیبنو عەباس دەڵێت پێغەمبەر ﷺ چوە سەر چیای ئەبوقوبەیس‌و بانگی كردە قورەیش: ئەی خەڵكینە، ئەوانیش هاتن‌و لێی كۆبونەوە،

ئینجا پێی فەرمون: {أَرَأَيْتَكُمْ لَوْ أَخْبَرْتُكُمْ أَنَّ خَيْلًا بِالْوَادِي تُرِيدُ أَنْ تُغِيرَ عَلَيْكُمْ أَكُنْتُمْ مُصَدِّقِيَّ قَالُوا نَعَمْ مَا جَرَّبْنَا عَلَيْكَ إِلَّا صِدْقًا قَالَ فَإِنِّي نَذِيرٌ لَكُمْ بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ / متفق علیه/ پێم بڵێن: ئەگەر من پێتان بڵێم كە ئەسپ سوارانێك لەوشیوەدا دەیانەوێ لەپڕدا بەسەرتاندا بدەن، ئایا باوەڕم پێ دەكەن؟ ئەوانیش وتیان: بەڵێ، ئێمە جگە لە ڕاستی شتێكی ترمان لە تۆ نەدیوە، ئەویش فەرموی: دەی بێگومان من ترسێنەرم بۆتان لەپێش هاتنی سزایەكی بەهێز}

ئینجا ئەبولەهەب كە مامی بو لەناو ئەو خەڵكەدا هەڵساو وتی: ئایا تۆ بۆ ئەمە ئێمەت كۆكردەوە، دەك لەناوچیت‌و ڕەنجەڕۆ بیت، ئەم پیاوە دەڵێن بەشوێن پێغەمبەردا ﷺ دەڕۆیشت‌و لەپشتیەوە دەوەستا تا قسەی بۆ خەڵك دەكرد، ئینجا دەیوت: درۆ دەكات‌و باوەڕی پێ مەكەن ئەوە برازای خۆمە من باشی دەناسم، تەنانەت دوو كچی پێغەمبەر ﷺ كە ڕوقیەو ئوم كەلسوم بون لەپێشدا هێنابونی بۆ دوو كوڕی خۆی، لە پاش ئەمە هەردووكی پێ تەلاقدان تا زیاتر ئازار بە دڵی پێغەمبەر ﷺبگەیەنێت، وە خێزانەكەیشی ناوی (ئومو جەمیل)بو لە قسەی ناشیرین‌و تانەو تەشەردان لە پێغەمبەر ﷺ كۆتایی نەدەكرد، تەنانەت دارودركی دەهێناو لەرێگای پێغەمبەردا ﷺدایدەنا تا ئازاری پێ بگات، بەڵام پێغەمبەری دڵسۆزو ڕەوشت بەرز لەبەر ڕێزی مامیەتی لە هەمو قسەكانی خۆی كڕ دەكردو وەڵامی نەدەدایەوە، تا خوای خاوەن دەسەڵات‌و بەشكۆ ئەركی وەڵامدانەوەی ئەبولەهەبی خستەسەر خۆی‌و فەرموی:

بەناوی اللە ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) لەناوچوو ڕەنجەڕۆ بێت هەردوو دەستی ئەبولەهەب‌و ڕسوا بێت، وە بێگومان كە لەناوچوو ڕەنجەڕۆش بو، بەڵێ ئەبولەهەب وا ئێستا لەناو خەڵكدا هەڵس‌وكەوت دەكات، بەڵام اللە فەرموی: لەناوچوو.

(٢) ماڵ و منداڵو ئەوەی کە بەدەستی هێنابو هیچ سوودێکی بەو نەداو فریای نەکەوت.

(٣) بەڵکو بەم زوانە دەخرێتە ناو ئاگرێکی خاوەن بڵێسەوە، چونکە ڕقوقینی ئەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبو و بڵێسەی دەسەندو نەدەکوژایەوە تا مرد جابە شێوەی کردارەکەی، بەڵام زۆر گەورەو گرانتر ئەو ئاگرەیش کە ئەوی تێ دەخرێت بە گڕو بڵێسەیەو هەرگیز ناکوژێتەوە،

(٤) وە ژنەکەیشی کە ناوی ئەروای کچی حەربی کوڕی ئومەیەو خوشکی ئەبوسوفیانە کە بە ئومو جەمیل ناسراوە، هەڵگری کۆڵەدارە بۆ زیاتر خۆشکردنی ئاگری مێردەکەی، واتە هەروەك چۆن لە دنیادا یارمەتی مێردەکەی دەدا لەسەر کوفرو دژایەتی ئیسلامو پێغەمبەر ﷺ هەروا لە ڕۆژی دوایش لەناو دۆزەخدا سەرەرای سزای خۆی کۆڵەداری پێدەهێنرێت بۆ زیاتر بڵێسەدار کردنی ئاگری مێردەکەیو ئەمەش سەخت نیە لەلای ئەو زاتەی کە لەناو ئاگری دۆزەخدا درەختی شینکردوە، وەیان وتراوە مەبەست لە ﴿حَمَّالَةَ الْحَطَبِ﴾ واتە هەڵگری کۆڵەدار ئەو کەسەیە کە بۆ ئاژاوەنانەوە لەناوخەڵکدا قسە ئەملاولا پێدەکات کە لێرەدا خێزانەکەی ئەبولەهەب بەوە وەسف دەکات یان مەبەست ئەوەیە کە ژنەکەی چۆن لە دنیادا هەڵگری دارو دڕك بو بۆ ئازاردانی پێغەمبەر ﷺ جاڵەو ڕۆژەشدا پەت دەخرێتەملی وەك دەفەرموێ:

(٥) لە گەردنیدایە گوریسێکی دروستکراو لە ئاگری دۆزەخ، دەڵێن لە دنیادا گەردن بەنێکی چاکی هەبوە فرۆشتویەتی بۆ دوژمنایەتی پێکردنی پێغەمبەر ﷺ بۆیە خوا بەو شێوەیە تۆڵەی لێ دەکاتەوە.

دیسان ئەمەش موعجیزەیەکی تری گرنگە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەم قورئانە قسەی زاتێکە کە ئاگای لە ئایندەو سەرنجامی هەموو شت هەیە لەم سورەتەدا باس لەوە دەکات، کە ئەبولەهەبو خێزانەکەی دەخرێنە ناو ئاگرەوە، واتە باوەڕ ناهێنن و بە کافری دەمرن، کەچی هەروایش دەرچوو ئەمانە بە بێ باوەڕی مردن، بەڵام ئەگەر پاش هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە ئیمانیان بهێنایە ئەوا ئەم ئایەتانە دەکەوتنە ژێر ڕەخنەو گومانەوەو بەم شێوەیش دەیان توانی بیسەلمێنن کە قسەی قورئان ڕاست دەرنەچو کەواتە ئەوە قسەی الله نیە، بەڵام ئومو جەمیل کاتێك زانی کە ئەم سورەتە هاتوەو ئەو ژنە ناودارە بە کۆڵ هەڵگر ناودەبات زۆر تورە بو و هاتو بەردێکی بەدەستەوەبو پێغەمبەر ﷺ کە ئەبوبەکری لەگەڵدابو دانیشتبو لەلای کەعبەدا هاتەلای ئەبوبەکرو بەسەریەوە وەستاو وتی: دەڵێن: هاوڕێکەت قسەی ناشیرینی پێ وتوین؟ ئەبوبەکریش وتی: نە بەخوای ئەم ماڵە هیچ هەڵبەستێکی نەوتوەو نەهاتوە بە دەمیداو وتی تۆ باوەڕپێکراویت، کاتێك گەڕایەوە ئەبوبەکر وتی: ئایا نەیبینیت؟ فەرموی نەخێر، فریشتەیەك دایدەپۆشیم هەتا گەڕایەوە (صحيح السيرة).

ئەم سورەتە کاتێك دابەزی کە پێغەمبەرو یارانی لە دژوارترین حاڵدا بون بەڵام دەربڕنی حەقو حەقیقەت پێویستە جا بۆیە پێغەمبەرانو شوێنکەوتوانیان لە هەر سەردەمێکدا بە ڕاشکاوی بێزاریو ڕقو قینی خۆیان لە شیركو ئەهلەکەی دەرخستوەو بەڕونی بانگەوازیان بۆ تەوحیدو یەکتا پەرستی کردوەو پێش ئەوەی کە بتە مردوەکان لەناوبەرنو بیانشکێنن بتە زیندوەکانیان شکاندوەو بەیەکیاندا داون، هەروەها ئەم سورەتە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خزمایەتی نابێت بەهۆی خۆشبەختی یان بەدبەختی بەڵکو هەرکەسێك لە بارمتەی کرداری خۆیدایە، ئەگەر چاکی کرد پاداشتی چاکە با هەمو کەسی خراپ بنو ئەگەر خراپی کرد پاداشتی خراپە با هەمو کەسیشی پیاوی چاك بن، ئەبولەهەب مامی پێغەمبەرمانە ﷺ ئەو سزا سەختەی هەیەو هەمزە مامیەتی گەورەی هەموشەهیدانەو ژنی فیرعەون بەهەشت جێگایەتیو هاوسەرانی نوحو لوت دۆزەخ جێگایانە، عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل بۆ بەهەشت دەڕواتو کوڕی نوح لە دۆزەخدایە.

بەڵێ هەمومان لە دنیادا بەندەی خواین بەبێ جیاوازی، بەڵام لە پاداشتو سزادا بە هەزاران جیاوازی﴿ئەوسا هەرکەس بە ئەندازەی زەڕەیەك چاکە بکات لە دنیادا لەوێ

١١٢ سُورَةُ الإخلاص ٤

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ﴿٢﴾ لَمْ يَلِدْ
وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ﴿٤﴾

١١٣ سُورَةُ الفَلَق ٥

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ﴿١﴾ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾ وَمِن
شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴿٣﴾ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى
ٱلْعُقَدِ ﴿٤﴾ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿٥﴾

١١٤ سُورَةُ النَّاس ٦

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ
ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ﴿٤﴾ ٱلَّذِى
يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ﴿٥﴾ مِنَ ٱلْجِنَّةِ
وَٱلنَّاسِ ﴿٦﴾

دەیبینێتەوەو پاداشتی وەردەگرێتەوە ئەگەر بە شتی تر بەتاڵی نەکردبێتەوە، وە هەرکەسێکیش بە ئەندازەی زەرەیەك خراپەی کردبێت دەیبینێتەوەو سزای وەردەگرێت ئەگەر چاوپۆشی لێ نەکرابێت﴾ (الزلزلە: ٧-٨) بەراستی ئەم سورەتە یەکێکە لەو بەڵگە گەورانەی راستی و دروستی ئەم قورئانە دەسەلێنێت چونکە خۆ کاتی هاتنی ئەم سورەتە ئەوژن پیاوەمابون بۆ نەیان توانی ئەگەر بەشێوەی منافقیش بوایە بەرواڵەت موسڵمان ببونایەو بیان وتایە ئەی محمد خۆ ئەوە ئێمە باوەڕمان هێناو قسەی خواکەت کەوت بەدرۆوە، جا ئەی مرۆڤ بیربکەرەوە لەدانایو زانای پەروەردگارت.

١١٢ سورەتی ئیخلاس ٤

سورەتی ئیخلاس کە بە سورەتی تەوحیدیش ناوبراوە، لە مەکەدا هاتوەتە خوارەوەو چوار ئایەتە. ئوبەی کوڕی کەعب دەڵێت: بت پەرستانی مەکە وتیان: ئەی (محمد) باسی پەروەردگاری خۆتمان بۆ بکە، ﷲ ئەم سورەتەی ناردەخوارەوە.

له گەورەییو رێزی ئەم سورەتەدا چەندین فەرمودەلە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتوە، لەوانە ئەو فەرمودەیە کە ئەنەس باسی دەکاتو دەڵێت: پیاوێکی یارمەتیدەر ئیمامەتی بۆ دەکردن لە مزگەوتی (قوباء)دا، جا هەر کاتێك سورەتێکی بخوێندایە پێشەکی ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ﴾ی دەخوێند،

ئینجا ئەو سورەتەی تری دەخوێندو لە هەمو رکاتێکدا ئاوای دەکرد، هاورێکانی پێیان وت: تۆ بۆ هەمیشە بەم سورەتە دەست پێدەکەیت پاشان وادەزانی بەس نیە بۆیە سورەتێکی تر دەخوێنی یان هەر ئەم بخوێنە یان واز لەم سورەتە بهێنەو سورەتێکی تر بخوێنە؟ ئەویش وتی: من وازی لێ ناهێنم ئەگەر پێتان خۆشە بەو شێوە ئیمامەتیتان بۆ دەکەمو ئەگەر پێتان ناخۆشە واز لە ئیمامەتیتان دەهێنم، ئەوان بە چاکتر لە هەمویان تەماشایان دەکردو پێیان ناخۆش بو کەسێکی تر ئیمامەتیان بۆبکات بێجگە لەو، جا کاتێك هاتنەلای پێغەمبەر ﷺ ئەو هەواڵەیان پێدا، فەرموی:{ يَا فُلَانُ مَا يَمْنَعُكَ أَنْ تَفْعَلَ مَا يَأْمُرُكَ بِهِ أَصْحَابُكَ وَمَا يَحْمِلُكَ عَلَى لُزُومِ هَذِهِ السُّورَةِ فِي كُلِّ رَكْعَةٍ فَقَالَ إِنِّي أُحِبُّهَا فَقَالَ حُبُّكَ إِيَّاهَا أَدْخَلَكَ الْجَنَّةَ /البخاری/ واتە:فلان کەس چ شتێك بەرگریت لێ دەکات لەوەی کە بەگوێی هاورێکانت بکەیت؟ وە چی وای لە تۆ کردوە کە لە هەمو کاتێکدا تۆ ئەو سورەتە بخوێنی؟ وتی: بەڕاستی من ئەو سورەتەم خۆشدەوێت، فەرموی: خۆشەویستی تۆ بۆ ئەو سورەتە دەتخاتە بەهەشتەوە. هەروەها پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی: { وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّهَا لَتَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ / متفق علیه/ سوێند بەو زاتەی کە گیانی منی بەدەستە ئەم سورەتە بەشێکە لە سێ بەشی قورئان} وە سونەتە لەکاتی خەوتندا لەگەڵ سورەتی فەلەقو سورەتی ناسدا بخوێنرێت، هەروەها سونەتە پاش هەموو نوێژەکان بخوێنرێت.

بەناوی ﷲ ی زۆر بەسۆز و بێنیهایەت میهرەبان

﴿١﴾ بڵێ ئەو پەروەردگارەی من تاکەو وێنەی نیە، هەمو وەسفانی جوانو تەواو هەر هی ئەوە کە لە هیچ کەسی تردا بەدینایەت.

(٢) ﷲ لەوپەڕی گەورەیدایە و هەموو شت نیازی بەو هەیەو ئەو نیازی بە کەس نیەو، کار دەکاتەسەر هەموو شتێكو هیچ شتێك کاری تیٚ ناکات.

(٣) نە کەسی لێ بوە تا شتێك لەو بچێت وە نە لە کەسیش بووە تا بە کەسێك بچێت کەواتە

(٤) هیچ کەسێك هاوتاو هاووێنەی ئەو نیە، جا ئەگەر بەباشی تەماشای بکەین دەبینین ئەم سێ ئایەتەی دوایی مانای ئاییەتی یەکەمە کە خوا تاکە لە زاتیداو تاکە لە سیفاتیداو تاکە لە کرداریدا، وە لە هیچ کامیاندا وێنەی نیەو کەس بەو ناچێت، لێرەدا هەروەکو تاكو تەنیایی ﷲ دەسەلێنێت بەو چەند ئایەتە ئەوەشمان تێدەگەیەنێت کە خاوەنی وەسفانێکی سەلێنراوو دامەزراوە (الصفات الثبوتیة) وەکو وشەی "الصمد" واتە گەورەو پەنا پیٚ براوو لاڵە ئەلا کراوو بێ نیازێك کە هەمو بەو نیازی هەیە، وە خاوەنی سیفاتێکە کە دورن لەوزاتە (الصفات المنفیە) وەکو نەبوونی منداڵو هاوسەرو باوكو دایك کە وشەکانی ﴿لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ﴾ ئەوە دەگەیێنێت، وە نیسبەتدانی خوا لەو وەسفە تاوانێکی گەورەیە وەکو لە سورەتی (مریم)دا دەفەرموێت: ﴿وەئەوان ئەڵێن: (ﷲ) منداڵی هەیە. بەراستی قسەیەکی زۆر گەورەو خراپتان کردووە ئەوەندە گەورەو خراپە کە ئاسمانەکان لە داخی ئەو قسەیەی کە ئێوە دەیکەن خەریکن لەت لەتوگالگاڵ ببن،وە زەوییش خەریکە پارچە پارچە ببێتو چیاکان خەریکن لەتو پەت ببن وبکەونە خوارەوە، لەبەر ئەو تاوانە گەورەی کە ئێوە ئەڵێن ڕەحمان منداڵی هەیە، کە ڕەحمان پێویستی بەمنداڵ نیە ونەگونجاویشە، چونکە هیچ شتێك نیە نەلە ئاسمانانو نەلە زەویدا مەگەر لە ڕۆژی قیامەتدا دێتە خزمەت (ﷲ)و دان بە بەندایەتی خۆیدا دەنێت﴾دەی بەندە چۆن دەکات بەمنداڵو هاوشانی خۆی؟ وە دەبێت بەهیچ شتێك نەچوێنرێت،چونکە هیچ شتێك وەکو ئەو نیە وەکو لە سورەتی (الشوری)دا دەفەرموێ: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ هەربۆیە لە سورەتی (النحل)دا هەڕەشەی لەو کەسانە کرد کە وێنە بۆ خوا دادەنێنو فەرموی: ﴿فَلَا تَضۡرِبُواْ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡثَالَ﴾. وشەی (احد) واتە تاك کەلە گەڵ وشەی "واحد" واتە یەك جیاوازی هەیە، چونکە لە وشەی واحد گومانی دووهەمیش دەکرێت، جابۆیە هەرکات ئەم وشەیە هاتبێت پاش ئەو ڕەدی ئەوەدەکاتەوە کە خوایەکی تر ببێت.

بورەیدەی ئەسلەمی دەڵێت پێغەمبەر ﷺ گوێی لە دوعای پیاوێك بو کە دەیوت: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ بِأَنِّي أَشْهَدُ أَنَّكَ أَنْتَ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ الْأَحَدُ الصَّمَدُ الَّذِي لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ قَالَ فَقَالَ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَقَدْ سَأَلَ اللَّهَ بِاسْمِهِ الْأَعْظَمِ الَّذِي إِذَا دُعِيَ بِهِ أَجَابَ وَإِذَا سُئِلَ بِهِ أَعْطَى /الترمذي، صححه الألباني/ ئەی خودایە دەوات لێدەکەم بەهۆی ئەوەی کە شایەتی دەدەم کە بێگومان تۆ خوایەکیت کە جگە لە تۆ هیچ پەرەستراوێکی ڕاستەقینەی تر نیە کە ئەوکەسە تاكو بێنیازەیت کە نە منداڵی هەیەو نە لەکەس بووەو نەهاوشانێکی هەیە، جا پێغەمبەرﷺ فەرموی: سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە بەو ناوە گەورەی داوای لێکرد کە، ئەگەر بەوە بانگ بکرێت وەڵام دەداتەوەو ئەگەر بەوەش داوای لێبکرێت دەبەخشێت)

(١١٣) سورەتی فەلەق (٥)

زۆربەی زانایان پێیان وایە سورەتی فەلەق لە مەکەدا دابەزیوە، هەندێکیش دەڵێن لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە، ئەم سورەتە سەدو سیانزهەمین سورەتی قورئانەو بەگوێرەی دابەزین لەسەر ڕای ئەوانەی کە ئەم سورەتە بە مەکەیی دەزانن بیستەمین سورەتە کە لە پاش سورەتی (الفیل)و پێش سورەتی (الناس) دابەزیوەو پێنج ئایەتە.

خوێندنی ئەم سێ قولانە﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ﴾و﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ﴾و﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ لەپاش هەمو نوێژێکی فەرزو لەکاتی خەوتندا سونەتن وفەرمودەی ڕاستیان لەسەرهاتوە،لەبارەی ئەم سورەتەو سورەتی (الناس) کە هەردووکیان بە (مُعَوِّذَتَين) بەناوبانگن،چەند فەرمودەی ڕاست هاتوە لە وانە ئەم فەرمودەیە کە پێغەمبەرمان ﷺ بە عوقبەی کوڕی عامری فەرمو: ئەی عوقبە ئایا دوو سورەتت فێرنەکەم کە یەکێکە لە باشترینی هەردوو

سورەتێکی تر کە خەڵك خوێندویەتی؟ وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ،جا ئەویش ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ﴾ و ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ی بۆ خوێندمەوە، لەپاشان قامەتکرا بۆ نوێژ پێغەمبەری خوا ﷺ هەستا چوە پێشەوەو ئەم دوو سورەتەی خوێندەوە،لەپاشان دای بەلامداو فەرموی: چۆنت بینی ئەی عوقبە؟ هەردووکیان بخوێنە هەرکاتێك هەستای لە خەو (احمد، النسائي، صححه الالباني) هەروەها ئیمامی موسلم هەر لە عوقبەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی :{أَلَمْ تَرَ آيَاتٍ أُنْزِلَتْ اللَّيْلَةَ لَمْ يُرَ مِثْلُهُنَّ قَطُّ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ﴾و ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ واتە ئایا تۆ نازانیت کە ئەم شەو چەند ئایەتێك دابەزیوە هەرگیز وێنەی ئەو نەبینراوە ئەوانیش بریتین لە ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ﴾ و ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾}.

بەناوی اللَّه ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) بڵێ من پەنا دەگرم بەخوای شەفەکەرو دەرهێنەری هەمو شتێك بەتایبەتی هێنانی ڕوناکی بەیانی بەدوای شەوداو پاڵنانی تاریکی کە کاتێکی زۆر بەپیتو بەرەکەتە بۆ مرۆڤ، پەنا دەگرم بەو پەروەردگارە بەهێزو خاوەن دەسەڵاتە کە ئەو گۆڕانکاریە سەرسوڕهێنەرە دروست دەکات بەبێ ئەوەی ماندو ببێت.

(٢) لە شەڕی هەمو شتێك کە دروستی کردوە، کە شەڕی شەیتانو سزای دۆزەخیشی بەردەکەوێت، چونکە ئەوانیش هەر دروستکراوی خودان واتە: وشەیەکی زۆر پڕ مانایەو ئەوانەی دوایی کە دێن تایبەتترن، وەکو دەفەرموێ:

(٣) وە پەنادەگرم بەو پەروەردگارە لە شەڕی شەو کاتێك کە تاریك دەبێت، چونکە کاتی بڵاوبونەوەی هەمو گیان لەبەرێکی پڕ مەترسیەو کاتی بڵاوبونەوەی بەدکارانە، جا جێگای خۆیەتی کە مرۆڤ لە شەڕی ئەوانە خۆی بەو زاتە بپارێزێت کە هەمو کەس بە ئیرادەو هێزی ئەو دەتوانن شت بکەنو بێ ئیرادەی ئەو توانای هیچیان نیە، دایکی باوەڕداران عایشە دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ تەماشای مانگی کرد ئینجا فەموی: { يَا عَائِشَةُ اسْتَعِيذِي بِاللَّهِ مِنْ شَرِّ هَذَا فَإِنَّ هَذَا هُوَ الْغَاسِقُ إِذَا وَقَبَ/ الترمذي، صححه الألباني/ ئەی عایشە پەنابگرە بە اللَّه لەشەڕی ئائەمە کە بەڕاستی ئەوە ئەو تاریکییەیە کە دێت} ئینجا دەفەرموێ:

(٤) وە لە شەڕی ئەو ئافرەتە ساحیرانە کاتێك کە فووەکەن بەگرێکاندا بۆ سیحرو جادوگەریو تێکدانی ژیانی خەڵك، ئینجا باسی زیان دەرێکی تر دەکاتو دەفەرموێ:

(٥) سا پەنادەگرم بەخوای فەلەق لە شەڕی حەسودیش هەرکاتێك کە حەسادەت دەبات. چونکە ئەو حەسادەتەیش دیسان کار دەکاتە سەر ژیریو ماڵو لەشو گیانی مرۆڤ دیارە بەمەیلوئیجازەیاللَّه، جا ئەو کەسەی کە بزانێت قسەکانی کاردەکاتە سەر خەڵك پێویستە خۆی لە قسەو باسکردنی خەڵك بپارێزێت، هەر کاتێکیش ویستی باسی کەسێك بکات با بڵێ (ماشاء الله) ئینجا ئەو قسەیەی کە دەوێ بیکات با بیکات، ئەوکات بە ویستی پەروەردگار زیانی نابێت.

سورەتی ناس (١١٤) (٦)

سورەتی ناس زۆربەی زانایان پێیان وایە لە مەکە دابەزیوە، هەندێکیش دەڵێن لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە ئەم سورەتە دواین سورەتی قورئانە، وەبەگوێرەی دابەزین لەسەر ڕای ئەوانەی کە ئەم سورەتە بە مەکەیی دەزانن بیستو یەکەمین سورەتە کە لە پاش سورەتی (الفلق)و پێش سورەتی (الإخلاص) دابەزیوەو شەش ئایەتە، لەبارەی ڕێزی ئەم سورەتەوە ئەوەی کەلە سورەتی (الإِخْلَاص)و (الْفَلَق)دا باسکرا بەسە. ئەم سورەتەلەسەر قسەی ئەوکەسانە کەبەمەدینەیی دەزانن لەگەڵ سورەتی فەلەق دا دابەزیوە، کە هۆی دابەزینیان ئەوە بو کە کابرایەکی جولەکە بەناوی لەبیدی کوڕی ئەعصەم لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ دا جادوی لە پێغەمبەرمان کردوەو ئازاری پێ گەیاندوە، بەڵام لە ئازاردان بەولاوە کارێکی تری پێ نەکراوە، جا ئەم سیحرە شەش مانگی خایاندوە وەکو ئیمام ئەحمەدو بوخاریو موسلم بۆمان دەگێڕنەوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جادو بەئیرادەی خوا کاردەکاتە سەر لاشەو

بیرو هۆش، باش وایە کە جادولێکراو ئەم سورەتە زۆر بخوێنێ بەڵکو الله پاڕانەوەکەی لێ وەربگرێتو شیفای بدات، دایکی باوەڕداران عایشە دەڵێت:{ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ إِذَا اشْتَكَى نَفَثَ عَلَى نَفْسِهِ بِالْمُعَوِّذَاتِ وَمَسَحَ عَنْهُ بِيَدِهِ/ متفق عليه/ واتە: پێغەمبەرﷺ هەرکات شوێنێکی ئێشی بکردایە سورەتی فەلەقو ناسی دەخوێندەوەو فوی دەکردو دەستی دەهێنا بەخۆیدا} وەهەروەها پێغەمبەرمان ﷺ لەبارەی ئەم دوسورەتەوە فەمویەتی:{ مَا تَعَوَّذَ النَّاسُ بِأَفْضَلَ مِنْهُمَا/ النسائي، صححه الألباني/ خەڵك بە شتێکی چاکتر لەم دوو سورەتە داوای پەنای لە الله نەکردوە. }

بەناوی الله ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

(١) بڵێ: پەنادەگرم بە پەروەردگاری خەڵك.

(٣) بەپادشاو خاوەنی خەڵك.

(٢) پەنادەگرم بە مەعبودو پەرستراوی ڕاستەقینەی خەڵك، لە چی؟

(٤) لە شەڕو خراپەی ئەوەی کە زۆر خورپە دروستکەرو گەڕاوەیە واتە: هەمیشە هەر خەریکی دروستکردنی خورپەی خراپە لەناو دڵی مرۆڤداو هەر کاتێك یادی الله بکرێت ئەوە دەگەڕێتەوەو دەردەچێتو هەر کە بێ ئاگایی لەالله پەیدابو دێتەوەو خورپە دروست دەکات، کەواتە زۆر دێتو دەڕوات، کە جێگای ئەم خورپەو هاتوچۆیە دڵە کە لەناو سینگی مرۆڤدایە، بۆیە دەفەرموێ:

(٥) ئەوەی کە خورپە دروست دەکات لەناو سینگی خەڵکدا، مەبەست لە سینگ دڵی ناو سینگە، جا هەروەکو ڕونە ئەو خورپانە لە دڵی ئەوەی ئادەمدا دروست دەبێت دەشگونجێت لە دڵی جنۆکەکانیشدا دروست ببێتو ئەو شتەیش کە ئەو خورپانە دروست دەکات و بە یادی خوا دەتۆرێتو ڕادەکات. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنْ ابْنِ آدَمَ مَجْرَى الدَّمِ /متفق عليه/ بەراستی کە شەیتان هاتوچۆ دەکات لە لەشی مرڤدا لەوشوێنەی کە خوێن هاتو چۆدەکات}

(٦) لە جنۆکەو لە ئەوەی ئادەمە. واتە تاقمێکی جنۆکەو تاقمێکی مرۆڤ ئەو وەسفە خراپەیان هەیەو پێویستە مرۆڤ ئاگای لەخۆی بێت پێشەکی بۆ پاراستنی لە شەڕی هەردووکیان پەنا بەالله بگرێت هەر بەو پەناگرتنە دەپارێزرێت لە شەڕی جنۆکە، بەڵام بۆ خۆپاراستنی لە شەیتانی ئەوەی ئادەمی پێویستە سەرەڕای پەناگرتن بەالله لە شەڕیان بە ڕواڵەتیش دەبێت خۆی تێکەڵاوی مرۆڤی شەیتان سیفەت نەکات، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: مرۆڤ لەسەر ئایینی برادەرەکەیەتی، جا با بزانێت برادەری و دۆستایەتی کێ دەکات، واتە ئەگەر خۆتت خۆشدەوێتو دەترسیت لە پەروەردگارتو لە پاشەڕۆژی خۆت دۆستایەتیو تێکەڵاوی مرۆڤی خراپو شەیتان سیفەتان نەبیت، بەراستی ئەمەیان مەترسی زیاترە، چونکە دەیناسیتو خزمتەو هاوزمانتەو هاورێتەو شەرم دەکەیت دڵی بشکێنی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو لە ڕوخاندنو نەهێشتنی بیروباوەڕی تۆدا درێغی ناکات. سوپاس بۆ خوا شەیتانی جنۆکە هەر خورپەی لەدەست دێتو بە یاد کردنێکی الله ڕاودەکرێتو دەتارێنرێت، دەگێڕنەوە لە ئیبنوعەباسەوە کە پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من نەفسم خورپەی وام بۆ دروست دەکات کە ئەگەر لە ئاسمانەوە فڕەبدرێمە خوارەوە ئەوەم پێخۆشترە تا ئەوەی کە ئەو قسە بکەم، ئیبنوعەباس دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: {اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي رَدَّ كَيْدَهُ إِلَى الْوَسْوَسَةِ /ابوداود، صححه الألباني/ خوا لە هەموکەس گەورەترە، خوا لە هەموکەس گەورەترە سوپاس بۆ خوا کە هەمو فڕوفێڵەکەی کردوە بە خورپەو هیچی تر}

تەواو بو ولله الحمد والمنه.

صدق الله العظيم

تم بحمد الله

فهرس

ژمارە	ناو	لاپەرە
أ	مقدمة	١
١	الفاتحة	٢٠
٢	البقرة	٣٣
٣	آل عمران	١٦٢
٤	النساء	٢٢٤
٥	المائدة	٢٧٥
٦	الأنعام	٣١٨
٧	الأعراف	٣٦٠
٨	الأنفال	٤٠١
٩	التوبة	٤٢١
١٠	يونس	٤٥٥
١١	هود	٤٧١
١٢	يوسف	٤٩٠
١٣	الرعد	٥٠٨
١٤	إبراهيم	٥١٧
١٥	الحجر	٥٢٧
١٦	النحل	٥٣٧
١٧	الإسراء	٥٥٦
١٨	الكهف	٥٧٨
١٩	مريم	٥٩٨
٢٠	طه	٦١٣
٢١	الأنبياء	٦٣٠
٢٢	الحج	٦٤٤
٢٣	المؤمنون	٦٥٨
٢٤	النور	٦٧٠
٢٥	الفرقان	٦٨٧
٢٦	الشعراء	٦٩٧
٢٧	النمل	٧٠٩

ژمارە	ناو	لاپەرە
٢٨	القصص	٧١٩
٢٩	العنكبوت	٧٣٠
٣٠	الروم	٧٣٨
٣١	لقمان	٧٤٦
٣٢	السجدة	٧٥٠
٣٣	الأحزاب	٧٥٤
٣٤	سبأ	٧٦٤
٣٥	فاطر	٧٧١
٣٦	يس	٧٧٩
٣٧	الصافات	٧٨٦
٣٨	ص	٧٩٠
٣٩	الزمر	٨٠٣
٤٠	غافر	٨١٣
٤١	فصلت	٨٢٣
٤٢	الشورى	٨٣٠
٤٣	الزخرف	٨٣٧
٤٤	الدخان	٨٤٧
٤٥	الجاثية	٨٥١
٤٦	الأحقاف	٨٥٦
٤٧	محمد	٨٦٢
٤٨	الفتح	٨٦٧
٤٩	الحجرات	٨٧٣
٥٠	ق	٨٧٧
٥١	الذاريات	٨٨٢
٥٢	الطور	٨٨٦
٥٣	النجم	٨٨٩
٥٤	القمر	٨٩٥
٥٥	الرحمن	٨٩٩

پێرست

ژمارە	ناو	لاپەرە
٥٦	الواقعة	٩٠٥
٥٧	الحديد	٩١٠
٥٨	المجادلة	٩١٧
٥٩	الحشر	٩٢٤
٦٠	الممتحنة	٩٣٠
٦١	الصف	٩٣٥
٦٢	الجمعة	٩٣٨
٦٣	المنافقون	٩٤٠
٦٤	التغابن	٩٤٣
٦٥	الطلاق	٩٤٧
٦٦	التحريم	٩٥٢
٦٧	الملك	٩٥٥
٦٨	القلم	٩٥٩
٦٨	الحاقة	٩٦٣
٦٩	المعارج	٩٦٦
٧١	نوح	٩٦٩
٧٢	الجن	٩٧١
٧٣	المزمل	٩٧٥
٧٤	المدثر	٩٧٨
٧٥	القيامة	٩٨١
٧٦	الإنسان	٩٨٥
٧٧	المرسلات	٩٨٨
٧٨	النبأ	٩٩١
٧٩	النازعات	٩٩٦
٨٠	عبس	١٠٠٠
٨١	التكوير	١٠٠٣
٨٢	الانفطار	١٠٠٧
٨٣	المطففين	١٠٠٩
٨٤	الانشقاق	١٠١٤

ژمارە	ناو	لاپەرە
٨٥	البروج	١٠١٧
٨٦	الطارق	١٠٢١
٨٧	الأعلى	١٠٢٣
٨٨	الغاشية	١٠٢٦
٨٩	الفجر	١٠٢٨
٩٠	البلد	١٠٣٢
٩١	الشمس	١٠٣٤
٩٢	الليل	١٠٣٥
٩٣	الضحى	١٠٣٨
٩٤	الشرح	١٠٤٠
٩٥	التين	١٠٤٢
٩٦	العلق	١٠٤٣
٩٧	القدر	١٠٤٧
٩٩	البينة	١٠٤٨
٩٩	الزلزلة	١٠٤٩
١٠٠	العاديات	١٠٥١
١٠١	القارعة	١٠٥٢
١٠٢	التكاثر	١٠٥٣
١٠٣	العصر	١٠٥٥
١٠٤	الهمزة	١٠٥٦
١٠٥	الفيل	١٠٥٧
١٠٦	قريش	١٠٦٠
١٠٧	الماعون	١٠٦١
١٠٨	الكوثر	١٠٦٢
١٠٩	الكافرون	١٠٦٣
١١٠	النصر	١٠٦٤
١١١	المسد	١٠٦٥
١١٢	الإخلاص	١٠٦٧
١١٣	الفلق	١٠٦٨
١١٤	الناس	١٠٦٩